تەفسیری "نامی"

بۆ قورئانی پیرۆز

مەلا عبدالکریمی مدرس

داینا‌وە

محمد علی قەرەداغی

ئامادەی کردووەو سەرپەرشتی چاپی کردووە

بەرگی یەکەم

چاپخانەی (الوطن العربي)

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە بابەت

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە　　بابەت

لاپەڕە	بابەت

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپــەڕە	بابەت

لاپــەڕە	بابەت
١٦٧	فەرموودەی خودا (سنلقی ...)
١٦٨	فەرموودەی خودا (ولقد صدقكم الله وعده ...)
١٧١	فەرموودەی خودا (ثم انزل عليكم)
١٧٨	بێدار بن !
١٨١	فەرموودەی خودا (وما كان لنبي ان يغل ... الاية):
١٨٨	فەرموودەی خودای تەعالا (ولا تحسبن الذين قتلوا ... الآيات)
١٩٠	رزقو رۆزی شەهید
١٩٦	فەرموودەی خودا (الذين استجابوا لله وللرسول ... الآية)
١٩٨	فەرموودەی خودا : (الذين قال لهم النـــاس ... الآيات)
٢٠٢	فەرموودەی خودا : (ما كان الله ليذر المؤمنين ... الآية)
٢٠٥	فەرموودەی خودا : (لقد سمع الله قول الذين قالوا ... الآية)
٢٠٧	فەرموودەی خودا (ان الذين قالوا ... الاية)
٢١٣	فەرموودەی خودا (لتبلون .. الآية)
٢١٥	فەرمودەی خودا (لا تحسبن الذين يفرحون .. الآية)
٢١٧	فەرموودەی خودا : (ان في خلـــق السموات ... الآيات)
٢٢٥	فەرموودەی خودا : (لا يغرنك تقلب ... الآيات)
٢٢٧	فەرموودەی خودا : (وان من اهل الكتاب .. الآية)

لاپــەڕە	بابەت
٢٣٢	سورة النساء · مدنية وآياتها ١٧٦
٢٣٣	(يا أيها الناس اتقوا ربكم)
٢٣٤	بزانن لەم مەقامەدا چەن شتێ هەیە :
٢٣٧	فەرموودەی خودا : (وآتو اليتامى اموالهم ···)
٢٣٨	چۆنیەتی ژیان لەگەڵ هەتیواندا
٢٤١	فەرموودەی خودا : (وان خفتم الا تقسطوا) :
٢٤٤	فەرموودەی خودا : (وآتوا النساء صدقاتهن) :
٢٤٦	فەرموودەی خودا : (ولا تؤتوا السفهاء ·· الايات)
٢٥٠	فەرموودەی خودا (للرجال نصيب ··· الايات)
٢٥٦	يوصيكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الانثيين
٢٥٩	تەرتیبی حوقووقی میرات
٢٦٤	بزانن لێرەدا چەن شتێ هەیە
٢٦٦	والتي يأتين الفاحشة
٢٦٧	تەوبە لە کێ قەبووڵ ئەکرێ ؟
٢٦٩	فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا لا يحل ··)
٢٧٣	فەرموودەی خودا (ولا تنكحوا ···)
٢٧٥	فەرموودەی خودا (حرمت عليكم امهاتكم)
٢٧٨	لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە
٢٨٧	والمحصنات من النساء
٢٨٩	بێدار بن !
٢٩٥	ومن لم يستطع منكم طولا ان
٢٩٩	يا أيها الذين آمنوا لا تأكلوا اموالكم بينكم ··
٣٠٢	بزانن !

لاپـــەڕە	بابەت

لاپــەڕە	بابەت
٣٥٢	مەبەس لە خاوەن ئەمر کێیە ؟
٣٥٦	فەرموودەی خودا (الم تـــر الى الذين يزعمون ... الآيات)
٣٦٣	فەرموودەی خودا (ولو انا كتبنا عليهم ...)
٣٦٦	فەرموودەی خودا (ومن يطع الله والرسول ...)
٣٦٧	يا أيها الذين آمنوا خذوا حذركم
٣٧١	فەرموودەی خودا (الم تر الى الذين قيل لهم ..)
٣٧٤	ما اصابك من حسنة فمن الله
٣٧٦	بێداربنەوە !
٣٧٨	افلا يتدبرون القرآن ؟
٣٧٩	فەرموودەی خودا (واذا جاءهم امر من الامن او الخوف)
٣٨١	من يشفع شفاعة حسنة ...
٣٨٣	بزانن ! (ئادابی سەلام)
٣٨٤	الله لا اله الا هو
٣٨٥	فەرموودەی خودا (فمالكم في المنافقين ...)
٣٩١	فەرموودەی خودا (وما كان لمؤمن ان يقتل مؤمنا)
٣٩٤	بزانن لەم شوێنەدا دوو قسە هەیە
٣٩٤	فەرموودەی خودا (ومن يقتل مؤمنا متعمدا)
٣٩٧	فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا اذا ضربتم)
٣٩٩	فەرموودەی خودا (لا يستوى القاعدون من المؤمنين)
٤٠١	فەرموودەی خودا (ان الذين توفيهم الملئكة)
٤٠٥	فەرموودەی خودا (ومن يهاجر في سبيل الله ...)

لاپــەڕە	بابەت

لاپــەڕە	بابەت
٤٧٤	بزانن !
٤٧٦	ان الذين كفروا وصدوا
٤٧٧	يا ايها الناس قد جاءكم الرسول ٠٠٠
٤٨١	لن يستنكف المسيح ان يكون عبدا لله
٤٨٢	يا ايها الناس قد جاءكم برهان من ربكم
٤٨٣	فەرموودەی خودا (يستفتونك ٠٠ الاية)
٤٨٦	لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە ٠

بابەتۆ سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابـــەت
٣	سورة المائدة
٥	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا لا تحلوا
٧	ئەو حەیوانانەی کە حەرام‌کراون
٩	الیوم اکملت لکم دینکم
١٦	لەم ئایاتە پیرۆزەدا چەن باسێ هەیە
٢٨	بزانن !
٢٩	بزانن :
٣٢	سەرگەردانیی بەنی ئیسرائیل لە تەیهدا
٣٥	قابیل‌و هابیل
٣٦	باسای زاووزێ‌و ژن‌وژنخوازی ئادەم‌و حەواو نەوەکانیان
٣٩	فەرموودەی خودا : انما جزاء الذین
٤٣	بزانن !
٤٤	فەرموودەی خودا : ان الذین کفروا
٤٧	فەرموودەی خودا : یا ایها الرسول ..
٥١	فەرموودەی خودا : انا انزلنا التوراة
٥٧	فەرموودەی خودا : وان احکم بینهم
٥٩	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا
٦٣	فەرموودەی خودا : انما ولیکم الله ورسوله
٦٤	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا
٦٦	فەرموودەی خودا : قل هل انبئکم
٧١	لێرەدا چەن باسێ هەیە
٧٥	فەرموودەی خودا : یا ایها الرسول
٧٧	فەرموودەی خودا : قل یا اهل الکتاب
٨٧	فەرموودەی خودا : لتجدن اشد الناس
٨٩	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا لا تحرموا
٩٥	فەرموودەی خودا : لیس علی الذین آمنوا

لاپەڕە	بابـــەت
٩٦	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا لیبلونکم
٩٧	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا لا تقتلوا الصید
١٠١	فەرموودەی خودا : قل لا یستوی الخبیث والطیب
١٠٢	فەرموودەی خودا : یا أیها الذین آمنوا لا تسألوا
١٠٦	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا علیکم انفسکم
١٠٨	بێدار بن !
١٠٩	فەرموودەی خودا : یا ایها الذین آمنوا شهادة بینکم
١١٤	بزانن ! لەم ئایەتەدا چەن شتێ هەیە :
١١٨	فەرموودەی خودا : اذ قال الحواریون ..
١٢٠	لێرەدا چەن باسێ هەیە :
١٢٥	سورة الانعام
١٣٦	فەرموودەی خودا : وهم ینهون عنه
١٣٩	فەرموودەی خودا : قد نعلم انه لیحزنك
١٤٤	بزانن !
١٥٠	فەرموودەی خودا : ولا تطرد الذین
١٥٥	بزانن !
١٧٠	فەرموودەی خودا : الذین آمنوا ولم یلبسوا
١٧٥	فەرموودەی خودا : وما قدروا الله حق قدره
١٧٨	فەرموودەی خودا : ومن اظلم ممن
١٨٠	فەرموودەی خودا : ولقد جئتمونا
١٨٦	بزانن !
١٨٩	فەرموودەی خودا : ولا تسبوا الله
١٩٠	فەرموودەی خودا : (واقسموا بالله)و ئایەتی دوای ئەو
١٩٥	فەرموودەی خودا : فکلوا مما ذکر اسم الله علیه
١٩٦	فەرموودەی خودا : ولا تأکلوا مما لم یذکر اسم الله
١٩٨	فەرموودەی خودا : او من کان میتا فاحییناه
٢٠٠	فەرموودەی خودا : واذا جاءتهم آیة
٢٢٨	لێرەدا چەن باسێ هەیە :

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابـــەت

سەرباسو بابەتەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابـــەت
٩١	فەرموودەی خودا (استغفر لهم او لا تستغفر ...)
٩٦	دواکەوتوان لە غەزای (تەبووك)
١٠١	ئەعراب چ دەورێکیان گێرا ؟
١٠٦	باسی ئەبولوبابەو هاورێکانی
١٠٩	فەرموودەی خودا (والذين اتخذوا مسجدا ...)
١١١	مزگەوتی قوبا
١١٤	فەرموودەی خودا : (ان الله اشترى ...)
١١٧	فەرموودەی خودا : (ما كان للنبي ...)
١٢٢	بەسەرهاتی کەعبی کوڕی مالیكو هاوڕێکانی
١٢٦	شیعر
١٢٨	دواکەوتن لە جیهاد
١٣٦	سوورەتی یونس
١٣٨	لەم ئایەتە گەورەدا چەن باس هەیە
١٤٦	فەرموودەی خودا : (واذا تتلى عليهم آياتنا ...)
١٥١	مرۆڤ لە تەنگانەدا چۆن ئەبێ ؟
١٥٥	شیعر
١٥٨	کاتی حەشر کافران چییان پێدەوترێ ؟
١٦٦	شیعر
١٦٧	قورئان جێگەی گومان نیە
١٧١	لێرەدا چەن باسێ هەیە
١٧٨	شیعر
١٨٤	لێرەدا چەن باسێ هەیە
١٩٤	کافرەکان پەلە لە هاتنی بەڵادا دەکەن
٢٠١	گەورەو بچووك لە خودا ون نابێ
٢٠٦	بەسەرهاتی نوح ـدـ
٢٠٩	بەسەرهاتی موسا ـدـ
٢١٤	بزانن !

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابـــەت

سەرباس و بابەتەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابــەت

لاپەڕە	بابــەت

لاپەڕە	بابـەت

لاپەڕە	بابـەت
٢٤٣	قوربانی یەکێکە لە شیعارەکانی بەندەیی بۆ خودا .
٢٤٥	ڕێگەدرا بەوانەی بە ناڕەوا شەڕیان پێدەفرۆشرێ کە شەڕ بکەن .
٢٤٩	کافرەکان پەلەپەلی هاتنی سزات لێ ئەکەن .
٢٥١	تەمەننیو ماناو مەبەستی .
٢٥٦	ئەوانەی کۆچیان کرد لە مەکەوە بۆ مەدینە .
٢٦٢	ئەی ئادەمیزاد گوێ بۆ ئەم پەندە رابگرن .
٢٦٤	لە ڕێگەی خوداو بەرزکردنەوەی دیندا جیهاد بکەن .
٢٦٧	سوورەتی موئمینوون .
٢٦٨	هەرکەس سنووری ئەم دە ئایەتە رابگرێ ئەچێتە بەهەشت .
٢٧٠	بزانن !
٢٧٢	ئادەمیزاد لە قوڕ دروستکراوەو دوایی .
٢٧٤	بزانن !
٢٧٦	حەوت ئاسمانمان لە ژوور سەرتانەوە دروستکردوە .
٢٧٧	لە ئاسمانەوە بارانمان بۆ باراندوون .
٢٧٨	بەسەرهاتی نووحو گەلەکەی .
٢٨١	دوای گەلی نووحیش چەن کۆمەڵمان دروستکرد .
٢٨١	گەلی هوود .
٢٨٤	دوای ئەوانیش خەڵکی دیکەمان دروستکرد .
٢٨٥	دوایی مووسامان رەوانەکرد .
٢٨٧	مەریەمو کوڕەکەیمان کرد بە نیشانەیێ .
٢٨٨	دارایی‌و نەوە نیشانەی بەختەوەری نین .
٢٨٩	بەختەوەر ئەوانەن لە خودا ئەترسن‌و .
٢٩٧	کافرانی ئیمڕۆیش قسەی پێشوەکان دەڵێنەوە .
٣٠١	پەنا بە خودا بگرە لە ختووکەی شەیتان .
٣٠٣	شیعر .
٣٠٤	کە فوو کرا بە صوورا رشتەو خزمایەتی‌یان نامێنێ .
٣٠٦	دیمەنێکی لێپرسینەوەی پاشەڕۆژ .
٣١١	سوورەتی نوور .

لاپەڕە	بابـەت
٣٧٥	خودا دوورەو بەرییە لە وتاری ئەوان .
٣٧٥	ئەوانە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ نیە ، بەڵام سزای ئەوانە چۆنە ؟
٣٧٧	دیمەنێکی لێپرسنیەوەی دۆزەخییان .
٣٧٩	ئەی پێغەمەر تۆ یەکەم کەس نیت کافران ئاوات لەگەڵ ئەکەن .
٣٨٠	جێگەی بەهەشتییەکان چاکترە .
٣٨١	رۆژێ کە ئاسمان بە هەور کەرت ئەبێ .
٣٨٢	کافرەکان دەڵێن : بۆ قورئانی بە یەك جار بۆ نەهات ؟
٣٨٤	مووساو هاروونو گەلەکەیان .
٣٨٥	هەروەها نووحو ، عادو ، ثەموودو .
٣٨٨	سێبەرو شەوو رۆژ لە نیعمەتەکانی خودان .
٣٩٠	دوو دەریا لە پاڵ یەکداو تێکەڵ نابن .
٣٩١	کەچی ئادەمیزاد بەندەیی بۆ بت دەکەن .
٣٩٤	بزانن !
٣٩٦	بەندەکانی خودا .
٤٠١	شیعر
٤٠٥	سوورەتی شوعەرا .
٤٠٧	مووسا دەنێرێ بۆ سەر گەلی ستەمکار .
٤٠٨	فیرعەون نانو نمەك دەداتەوە بە ناوچاوی مووسادا .
٤١١	فیرعەون مووسا بە شێت دادەنێ !
٤١٢	مووسا موعجیزەی عاساکەی دەنوێنێ .
٤١٣	فیرعەون جادووگەران کۆدەکاتەوە .
٤١٤	جادووگەران چییان لە دەست دێ دەیکەن .
٤١٤	بەڵام راستی سەردەکەوێ .
٤١٥	جادووگەرەکان باوەڕ دێنن .
٤١٥	فیرعەون پەنا بەر زۆرو ستەم دەبات .
٤١٦	فیرعەون سوپا کۆ دەکاتەوە .
٤١٧	کۆمەڵی فیرعەون کۆشكو باخاتیان بەجێ دێڵن .
٤١٨	مووسا بە عاساکەی دەدا لە دەریاو دەریا کوڵانی تێدەکەوێ !

لاپەڕە	بابـەت

لاپەڕە	بابــەت
٤٦٥	لێرەدا چەن باسێ هەیە .
٤٦٦	باسی صالح .
٤٦٨	گەلی صالح پیلان دەگێڕن بەلام !
٤٧٠	باسی لووط .
٤٧١	خودای پەروەردگار باشە یا .
٤٧٤	لە خودا بەولاوە هیچ کەس غەیب نازانێ .
٤٧٤	(دابة الارض)و دەرچوونی .
٤٨١	کاتێ فوو ئەکرێ بە صوورا .
٤٨٥	سوورەتی قەصەص .
٤٨٦	فیرعەون خۆی بە زل دەگرێ .
٤٨٧	بە دایکی مووسامان وت : شیر بدە بە مووساوبیخەرە دەریاوە .
٤٩٠	دوایی مووسامان گەڕانەوە بۆ لای دایکی .
٤٩٣	بزانن !
٤٩٥	پیاوێك ئامۆژگاری مووسا دەکات .
٤٩٦	مووسا لە مەدیەندا .
٤٩٨	مووسا لە خانەوادەی شوعەیبدا .
٤٩٩	بزانن !
٥٠٠	مووسا لە دامینی (طور)دا
٥٠٢	مووساو فەرمانی پێغەمەری .
٥٠٣	هاروونی برایشی لەگەڵیا .
٥٠٤	مووسا لە رووبەڕوویی لەگەڵ فیرعەوندا .
٥٠٧	بزانن !
٥١١	هیدایەت لای خودایە .
٥١٧	هەڵبژاردنی پێغەمەر بە ئارەزووی بەندە نیە.
٥١٨	هەندێ شت دەربارەی (جەبر)و (اختیار) .
٥٢٤	شــیعر .
٤٢٤	ئەگەر خودا دنیای بکردایە بە شەوی بێ ڕۆژ چیتان ئەکرد ؟
٥٢٦	باسی قاروون .

بابــەت	لاپەڕە
ئەنجامی بابی بوو	٥٢٩
سووڕەتی عەنکەبووت .	٥٣٥
باوەڕ بێ تاقیکردنەوە دەرناکەوێ .	٥٣٥
شیعر .	٥٣٦
ئامۆژگاری ئینسان بۆ چاکەکردن دەربارەی باوکو دایك .	٥٣٩
باسی نووح .	٥٤١
باسی ئیبراهیم .	٥٤٢
لووطو گەلەکەی .	٥٤٧
ئیبراهیم لەگەڵ فریشتەکانا .	٥٤٨
شوعەیبو مەدیەن .	٥٥٠
ئەوانەی کافرن وەکوو جۆلاییکەرە وان .	٥٥٢
بە شێوەیەکی جوان موجادەلە لەگەڵ ئەهلی کیتابدا بکەن .	٥٥٥
ئەیبەندە خاوەن باوەڕەکان زەوی خودا گوشادە .	٥٦٠
دنیا وەك گاڵتە وایەو ژیانی راستی هەر پاشەڕۆژە .	٥٦٢
سووڕەتی رۆم .	٥٦٥
رۆم سەردەکەونەوە بەسەر فارسدا .	٥٦٥
رۆژی قیامەت تاوانباران بەلەسە دەبن .	٥٦٩
لە نیشانەکانی گەورەیی خودایە	٥٧١
نموونەیەکی جوان .	٥٧٦
ئادەمیزاد لە کاتی خۆشیو ناخۆشیدا .	٥٨٠
لە نیشانەکانی گەورەیی خودایە ..	٥٨٤
کە رۆژی قیامەت دێ کافرەکان دەڵێن : یەك سەعات ژیاوین !	٥٨٩
سووڕەتی لوقمان .	٥٩١
هەندێ قسەی دەربارەی ئاسمانەکا ن.	٥٩٣
لوقمانو ئامۆژگاریەکانی .	٥٩٦
ئامۆژگاری ئینسان دەربارەی باوکو دایکی .	٥٩٨
ئەگەر لێیان بپرسی : کێ خودای دروست کردوە ؟	٦٠٤

سەرباس و بابەتەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابەت
٣٧	بزانـــن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە
٤٢	ان المسلمين والمسلمات ....
٤٨	باسی زەینەبو زەید
٥٢	ئەو ژنانەی بـۆ پێغەمەر ڕەوا دراون
٥٥	لەم شوێنەدا چەن قســەیێ هەیە
٥٧	ڕێبازو یاسای چوون بۆ ماڵی پێغەمەر
٥٩	بزانـــن ! لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن کەڵکی گرنگ هەیە
٦١	لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە :
٦٥	بزانن !
٦٧	خێزانو منداڵەکانی پێغەمەر
٦٩	ئەگەر مونافیقەکان دەسبەردار نەبن
٧١	بـــزانن !
٧٤	بزانن لێرەدا چەن قسەیێ هەیە :
٧٧	ســـوورەتی ســـەبەء
٨٠	بەهرەی خـــودا بـــۆ داوود
٨٢	بەهرەی خودا بـــۆ سولەیمان
٨٣	لێرەدا چەن باســـێ هەیـــە :
٨٥	باســـی سەبەء
٩٢	هاوردو بردی قسە لە ناو کافراندا
١٠١	سوورەتی فاطیر
١٠٥	ڕێزو عیززەت هەر لـــە لای خودایـــە
١٠٨	بزانـــن !
١١٠	کەس کۆڵو باری کەس هەڵناگرێ

بابـەت	لاپـەڕە
كوێرو چاوســاغ وەكوو یەك نین	١١١
شـیعر	١١٣
سوورەتی یاســین	١٢٣
بزانــن !	١٢٤
ئەم ئایەتانە دوو مەعنایان بۆ بەیان كراوە	١٢٥
باسی دێی ئەنطاكیە	١٢٧
چەند نموونەیەك لە نیشانەی دەستەڵاتی خودا	١٣٢
زەوی یەكێكە لەوانە	١٣٢
شـەویش	١٣٣
كەشتی‌یەكەی نووحیش	١٣٧
كە فوو ئەكرێ بە صووردا	١٣٩
محەمەدمان فێری شیعر نەكردوە	١٤٣
جا پێویستە بزانــن	١٤٤
زیندووكردنەوەی ئینســان ئاسانە بە لای خوداوە	١٤٨
سوورەتی صــافات	١٥٣
كە ستەمكارەكان حەشرئەكرێن	١٥٦
بەشی بەندە ڕاستەكانی خودایش چۆنە ؟	١٥٨
باســی نووح	١٦٢
ئیبراهیم خودا دەدۆزێتەوە	١٦٣
ئیســحاق	١٦٧
مووســاو هاروون	١٦٨
ئیلیاس	١٦٨
باســی لووط	١٦٠

لاپەڕە	بابەت

لاپـــەڕە	بابــەت
٢٣٤	باسی مووســـاو فیرعەون
٢٣٧	پیاوە خاوەن باوەڕەکەی گەلی فیرعەون
٢٤٠	فیرعەون بە هامان دەڵێت تەلاری بۆ دروســـت بکات
٢٤١	جارێکی دیکە پیاوە خاوەن باوەڕەکە
٢٤٣	دۆزەخییەکان لە دەرگاوانی دۆزەخ دەپاڕێنەوە
٢٥٠	تۆ ناڕوانی بۆ ئەوانەی موجادەلە لە ئایەتەکانی خودادا دەکــەن ؟
٢٥٣	ئایا بە زەویدا ناگەڕێن تا ئەنجامی گەلانی پێش خۆیان ببینن ؟
٢٥٧	ســـوورەتی (فصلت)
٢٥٩	خودا لە دوو ڕۆژدا زەوی دروستکردوە
٢٦٢	باسی عـــاد
٢٦٣	کاتێ دوژمنانی خودا حەشر دەکرێن ...
٢٦٦	کافرەکان وتیان : گوێ لەم قورئانە مەگرن
٢٦٧	بزانـــن !
٢٧١	بزانن ! لێرەدا چەن قسەیێ هەیـــە :
٢٧٣	لە نیشانەکانی دەستەڵاتی خودایـــە ...
٢٧٧	بزانن
٢٧٨	هەر خودا کاتی قیامەت دەزانێت
٢٧٩	مرۆ لە دۆعای خێر پەست نابێ
٢٨١	بزانـــن !
٢٨٥	سوورەتی شـــوورا
٢٨٧	حوکمی هەموو جیاوازییەك بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە

بابەت	لاپەڕە

لاپــەڕە	بابــەت
٣٥٣	ســـووره‌تی ئه‌حقاف
٣٥٤	کێ له‌و که‌سه گومڕاتره که بێجگه له خودا که‌سێ بانگ ئه‌کـا کــه وه‌ڵامـــی ناداتـــه‌وه •
٣٥٦	کافـــره‌کان به موسوڵمانـــه‌کانیان ده‌گـــوت : ئه‌گـــه‌ر باوه‌ڕکردن چاك بوایـــه ئێوه تیادا پێشـــمان نه‌ده‌که‌وتن •
٣٥٧	ئامۆژگاریی مرۆمان کردوه که چاکه له‌گه‌ڵ باوكو دایکیدا بکـــات •
٣٦٠	بزانـــن !
٣٦١	باسی هوودی برای عاد بکه
٣٦٤	باسی ئه‌و کاته بکه که کۆمه‌ڵێ له جینسان نارد بۆ لات •
٣٦٦	ئه‌ی پێغه‌مه‌ر تۆیش وه‌ك (اولوالعزم)ه‌کان خۆت بگره
٣٦٩	ســـووره‌تی محه‌مه‌د
٣٧٠	که گه‌یشتن به کافره‌کان لێیان‌بده‌ن تا شه‌ڵو په‌تیـــان ده‌که‌ن . ئه‌وسا ده‌ست‌بکه‌ن به ده‌ست‌به‌ستنیان •
٣٧١	ئه‌گه‌ر یارمه‌تی خودا بده‌ن خودایش یارمه‌تیتان ئه‌دات
٣٧٣	دیمه‌نێکی به‌هه‌شت
٣٧٦	هه‌ندێك له نیشانه‌کانی قیامه‌ت
٣٧٧	خاوه‌ن باوه‌ڕه‌کان ده‌ڵێن : کاشکی سووره‌تێ بهاتایه‌تـــه خواره‌وه !
٣٧٨	ئه‌وانه‌ی له دیـــن وه‌رگه‌ڕاونه‌ته‌وه
٣٨٠	ئه‌نجامی له دیـــن وه‌رگه‌ڕانه‌وه
٣٨٢	ژیانی دنیا گه‌مه‌و گاڵته‌یه
٣٨٣	گه‌لێك له جیاتی گه‌لێك

لاپـەڕە	بابـەت

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە	بابەت

بابــەت	لاپــەڕە

بابـەت	لاپـەڕە

بابەتو سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابـــەت
٦٥	دۆعـــاو چاکە بەلآ دەگێڕنەوە
٦٧	ڕۆژی (تغابن)
٧٢	ســـوورەتی تەلآق
٧٣	لێرەدا چەن باسێ هەیـــە :
٧٧	چۆن ڕەفتار لەگەڵ ژنی تەلآقدراودا دەکرێ ؟
٧٨	عیددەی ئەو ژنانەی لە حەیزچوونەتەوەو ئەوانەیش کە حەیزیان پێـــدانەهاتـــوە .
٧٩	بزانـــن !
٨٠	ژنی تەلآقدراو لە کوێ دادەنرێ ؟
٨١	بزانـــن !
٨٤	چەردەیەك دەربارەی حەوت ئاســـمان
٨٧	ســـوورەتی تەحریم
٨٨	لە نێوان حەزرەتو خێزانەکانیدا
٩٢	ســـوێندو ظیهار
٩٤	ئەی خاوەن باوەڕەکان تەوبەی نەصووح بکەن
٩٥	ژنی فیرعەون نموونەی بالآی خاوەن باوەڕانـــە
٩٦	هەروەها مەریەمی کچی عیمران
٩٩	ســـوورەتی (مولك)
٩٩	هەندێك دەربارەی مردن (موت)
١٠١	جا بزانن لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە :
١٠٤	شێوەیەکی دۆزەخو سزای کافران
١٠٥	ئەوانەی لە پەنامەکیدا لە خودا دەترســـن پاداشیان گەورەیە
١٠٦	ئایا لە خودا ئەمینن کـــە . . .
١١٠	ســـوورەتی قەلەم
١١١	پەیڕەوی درۆزنانو . . . مەکـــە
١١٢	بەسەرهاتی باخەکەی یەمەن
١١٥	ئەوانەی خۆیان دەپارێزن بەهەشتیان بۆ هەیـــە
١١٥	ئایا موسوڵمانانو تاوانبارەکـــان چونیەکن ؟
١٢٠	سوورەتی (الحاقە)
١٢٢	دیمەنێکی قیامەت
١٢٨	ســـوورەتی مەعاریج
١٢٩	ئەوان قیامەت بەدوور ئەزانن‌و ئێمـــە

لاپەڕە	بابەت

بســــــم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ هذا القُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ

تەفسیری نامـی دەلیلی دینـــە   کلیلی دەرگای پیرۆزی ژینـــە

رێ نومای ژیرە لە گەلی کوردان   بۆ فامی مەعنای ئایاتی قورئان

پێشــــەکی

پاش ستایشی پەروەردگارو درودی بێ ژمارە بۆ گیانــی رەهبەری نازارو بۆ گیانی خانەنشینانو خوێشــانو یارانو پەیڕەوانی ...

ماوەیەکی زۆرە لە دڵمایە کە خزمەتێ بە قورئانـــی پیرۆز بکەم کە خزمەتیش بێ بە هاونیشتمانانمو لە سەر زمانی خۆمان دارێژرێ تا عامو خاص سوودی لێ وەربگرن . لە حەمدی خواوە لە مانگی دەی ساڵی هەزارو نۆصەدو حەفتاو حەوتی میلادییەوە لە سەر ئەوەی لە دڵما بوو موەفەق بووم‌و خودا بە میهرەبانی خۆی یارمەتی دام بە ساغی لەش‌و ئاساییشی دڵو دووری لەو شتانە کە بەرانگاری خزمەت ئەبن‌و دەستم کرد بە نووسینی ئەم تەفسیرە کە لێرەدا پێشکەشی ئەکەم .

وە من ئەم کارە گەورەم دەست پێ‌کـــرد بـــە ئومێدەواری ڕێژەنی پیرۆزی بەسەر دڵما نەك بە زانیاری خۆما بنازم ، چونکی عولوومی قورئان دەریای بێ پایانەو بۆ ئێمە پێویستی بە زانینی عولوومی عەرەبییەو ، عیلمی تەفسیرو ، فیقهو ، حەدیثی شەریف هـەیە ، وەکـــوو پێویستی هـەیە بە ئیلمامێـکی موناسب بە تەواریخی عالەمی جیهان لە ئیسلامی‌و غەیرە ئیســلام ... وە زورمەی دافیعم بۆ ئەم تەفسیرە ئەمە بوو پیاوە عالمـە تەفسـیر زانەکان زۆر کەمن،وە ئەگەر یەکە یەکەیێ ببێ مەجالی نووسین‌و چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبەیان نیەو ، ئەوەندەیش حاڵی بووم کە زۆر نزیکە کەسانێ دەس‌بکەن بە تەفسیری قورئان کە ئەسبابی ئیشەکەیان تەواو نەبێ .

جا دەستم کرد بەم کارە موبارەکەو چەند تەفسیری جیاجیام حازر کرد ، وەکوو تەفسیری (ابن کثیر)و تەفسیری (کشاف)و (امامیرازی)و (بیضاوی)و (قرطبی)و (خازن)و (بغوی)و (روح المعانی)و (روح البیان)و (جلالین)و حاشیەی (جمل)و (صاوی) و (منار)و (في ظلال القرآن)و (جواهر المعانـي) مەشهوور بە (طنطاوی)و غەیری ئەوانەیش ...

وە لەم تەفسیرەدا کە نووسیومە تەماشای چەن شتم کردووە:
١ ــ لە داڕشتنی کتێبەکەدا ئیعتیدالم گرتووەتە بەر : نـە زۆرکورتو نە زۆر درێژ .

٢ ــ لە هەر ئایەتێکدا ئەحکامی شەرعی ببێ لە سەر یاسای مەزهەبی ئیمامی شـــافیعی (خ) بەیـــانم کردوون ؛ چونکی هاونیشتمانەکانم لە سەر ئەم مەزهەبەن .

٣ ــ لە باسی نازڵبوونی ئایەتەکاندا هەرچی لـــە حەدیثی صەحیحدا ببێ بە زۆری نووسیومە .

٤ ــ لەهەر شوێنێکا ئیشکالێ هەبێ بە موطالەعەی ئـــەو تەفسیرانەوە گەڕاوم بۆ حەلی ئەو ئیشکالە بە قەی تەوانای خۆمو ئەوەی بۆم کراوە بۆ لابردنی ئیشکالەکە کردوومەو نووسیومە .

ئیتر زۆر موحتاجو نیازمەندم بە دۆعای هەموو برادەرێکی ئیسلامی بۆ ئـەوە کە بە میهرەبانـی خودای تـەعالا لە دنیادا موەفەق بمو لە قیامەتیشدا خودا لێمان خۆش ببێ .

عبدالکریم محمد مدرس

وتەیەك

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس گەلێ لایەنی کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردووەتەوەو ، بە بەرهەمی بەنرخو جوان زۆر کەلێنو بۆشایی پڕ کردووەتەوە. ئەمە تێکڕا. بە تایبەتیش، خزمەتێکی زۆری موسوڵمانانی گەلی کوردی کردووەو ، زۆر سەرچاوەی روونی بێگرێو ئاسانی بە زمانی خۆیان پێشکەش کردوون .

قورئانی پیرۆز کە یەکەم سەرچاوەی ئایینی ئیسلامەو موسوڵمانان هەمیشە لە خزمەتیدا دەژین تا ئیستە تەفسیرێکی تەواوی بە زمانی کوردی نەخراوەتە بەردەستی موسوڵمانانی گەلی کورد . هەر وەها کتێبخانەی کوردیش تا ئیستە جێگەی ئەم سەرچاوە گرنگ و گەورەی بە بۆشی ماوەتەوە . ئەم کارەی مامۆستای مودەڕڕیس بە هانای ئەم دوو لایەنە گرنگەوە دێت .

مامۆستای مودەڕڕیس داوای لێ کردم نووسینەوەو سەرپەرشتی چاپی ئەم تەفسیرە بگرمە ئەستۆ . هەر چەند ئەمە کارێکی گرانو گەورەیە نەمتوانی سەرپێچی لە فەرمانی مامۆستا بکەمو شانم دایە بەر . لە خوا ئەخوازم تیا سەرکەوتوو بین .

محەمەد عەلی قەرەداغی

سوورەتی فاتیحە لە مەککەدا هاتووەتە خوارەوە ، حەوت ئایەتە

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيمِ﴾ (١)

هەر بە پیرۆزی ناوی ئەو خوداوە کە میهرەبانە لە گەڵ هەموو گیانلەبەرانا دەست ئەکەم بەم ئیشە کە مەبەستمە بیکەم •

﴿الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالمينَ﴾ (٢)

هەموو ستایش‌و سوپاسێ شیاوی ئەو خوایە ئافەرینندەو پەروەردگاری هەموو شتێکە لەوانەی پەیدابوون‌و پەیدا دەبن •

﴿الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ﴾ (٣)

ئەو خوایە کە میهرەبانە •

﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ (٤)

دارای هەموو تۆڵەو پاداشێکە لە پاشەڕۆژا •

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ﴾

ئەی پەروەردگاری میهرەبانی دارا بەندەیی هەر بۆ تۆ ئەکەین •

﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (٥)

وه هەر لە تۆ داوای یارمەتی ئەکەین •

﴿ اِهْدِنَا الصِّراطَ المُسْتَقيمَ ﴾ (٦)

ئەی خودا شارەزاییمان بکە بۆ ڕێگەی ڕاست •

﴿ صِراطَ الّذينَ اَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾

بۆ ڕێگەی ئەو کەسانە کە بە میهرەبانی خۆت هۆی ئاسایشی نەبڕاوەت پێداون •

﴿ غَيْرِ المَغْضوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالّينَ ﴾ (٧)

ئەوانەی کە جیاوازن لەو کەسانە کە ڕقت لێ گرتوون لە بەر بیرو باوەڕی نابارو کردەوەی ناپەسەند • وە ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان ونکردووە •

﴿ آمين ﴾

خودایە ئەم پاڕانەوەمان بە میهرەبانی لێ وەربگرە •

سوورەتی مەککەییو سوورەتی مەدینەیی :

ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەو بڕیارەن هەر ئایەتێ لە پێش کۆچکردنی حەزرەتا ـ درورودی خوای لەسەر بێ ـ لە شاری مەککەو بۆ شاری مەدینە هاتبێتە خوارەوە ئەوە بە مەککەیی ئەناسرێ • وە هەر سوورەتێ لە پاش کۆچ هاتبێتە خوارەوە ئەوە بە مەدینەیی ئەناسرێ • لە سەر ئەم بڕیارە (سوورەتی فاتیحە) بە مەککەیی ئەناسرێ •

هۆی هاتنەخوارەوەی سوورەتی فاتیحە :

کۆمەڵی زاناکان لە سەر ئەوەن ئەم سوورەتە پیرۆزە لە پاش پێنج ئایەتی ئەووەڵی سوورەتی (علق) هاتووەتە خوارەوە ٠

بۆ روونکردنەوەی ئەم باسە : حەزرەت (د) چەن ساڵێ لە پێش ئەوەدا کە ببێ بە پێغەمبەری خودا لە مانگی رەمەزانا ئەڕۆیشتە ئەشکەوتی (حیراء) ، کە دوو فەرسەخ لە شاری مەککەوە دوورە . لەوێدا خەریکی بیرکردنەوە ئەبوو لەوەدا کە ئەم جیهانە پێویستە پەروەردگارێکی زاناو تەوانای ببێ‌و پێویستە ئادەمیزاد بیپەرستن‌و بۆ هیچ شتێکی دەستکار ملکەچ نەبن‌و پێویستە ئادەمیزاد ئایینێکی راستیان ببێ بە جۆرێ هۆی ئاسایشی گشتی بێ‌و کەس لە نازو نیازی خۆی بێ بەش نەکاو پێویستە دادگایێ ببێ کە لە رۆژی خۆیدا هەرکەسێ بگەیەنێ بە تۆڵەی خۆی ٠

ئەم وەزعە تا تەمەنی چل ساڵی دەوامی کرد ٠ لەو ساڵەدا لە ئەووەڵی مانگی (ربیع الاول)ەوە . کە مەشهوورە بە مانگی مەولوود . خودای گەورە خەڵاتی کرد بە پێغەمبەرێتی ، بەلام هەر خەوی راست‌و رەوانی ئەبینی بە جۆرێ هەرچی لە خەودا ئەدی لە رۆژا بە ساغی ئەهاتە پێش چاوی ٠

بەم شێوە شەش مانگ مایەوە کە مانگی رەمەزان هات بە یاسای پێشوو تەشریفی رۆیشتەوە بۆ ئەشکەوتی (حیراء) و لە سەر شێوەی پێشووی خۆی کاتی رائەبوارد ٠ تا شەوی هەژدەی رەمەزان ٠ جا بە فەرمانی خوای تەعالی جوبرەئیلی ئەمین

هاتەخوارەوە بۆ سەرێو حەزرەتی وشارد بە سـنگیەوە جـا بەری‌داو فەرمووی : بخوێنە ! حەزرەت (د)لە وەلاما فەرمووی : خوێندەوار نیم • بۆ جاری دووەم وشاردیـەوە بـە خۆیەوەو بەری‌داوەو فەرمووی : بخوێنە ! ئەویش دووبارە فـەرمووی : خوێندەوار نیم • بۆ جاری سێهەم وشاردیەوە بـە خۆیەوەو فەرمووی :

﴿ اِقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذى خَلَقَ • خَلَقَ الانْسَانَ مِنْ عَلَقٍ • اِقْرَأْ وَرَبُّكَ الأكْرَمْ • الّذي عَلَّمَ بِالقَلَمْ • عَلَّمَ الاِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ •

یانی ، فەرمان‌نامەی خوای گەورە بخوێنەرەوە بە یارمەتی‌و پیرۆزی ناوی ئەو پەروەردگارە تەواناى زانایـە کـە هەموو شتێکی دروست کـردووەو ئـەم ئادەمیزادە خـاوەن زانستەو هۆش‌و هونەرەی لە تنۆکی خوێنی بێ مایەو بێ گیان‌و بێ نرخ دروست کردوە •

ئایەتی خوای خۆت بخوێنەرەوەو باوەڕت وابێ کە خودای تۆ گەلێ خاوەن دەست‌و پایەیەو هەرچی بوێ ئەیکا • خوایەکی وایە ئادەمیزادی فێری زانست‌و پیشەی نایاب‌و بەسوود کردووە بە هۆی نیشان‌دانی نووسین بـە (قەڵەم)خامەوەو ئادەمیزادی فێری ئەو شتە بەکارانە کردووە کە ئەگەر ئەو فێری نەکردایەن قەت نەیانەزانی‌و پێش ئامادەکردنی هۆی زانست‌و فێربـوون بۆیان نەیان‌زاینوە •

پاش ئـەمـە حەزرەت (د) بـە مووچڕکـەی لەشەوە لـە ئەشکەوتەکە دەرچـوو گەڕایەوە بـۆ ماڵەوەو بـە حەزرەتی

خەدیجەی خێزانی ـ خوای لێ رازی بێ ـ فەرموو : دامپۆشە ! ئەویش دایپۆشی • پاش ئەوە کە دڵی هێمن بووەوە هەستاو کارەساتی ئەشکەوتی حیرای بۆ خەدیجە گێڕایەوەو فەرمووی : ترسم لە خۆم پەیدا کردووە نازانم چیم بە سەر دێ ؟ خەدیجە لە وەڵاما عەرزی کرد : نە ، نە ، مەترسەو موژدە بێ لێت • بە خودا قەسەم ! خوا هەرگیز تۆ رسوا ناکات • تۆ ئینسانێکی لە گەڵ خزمو خوێشانا میهرەبانیو وتەت راستەو باری ئازاری خەڵك ئەخەیتە سەرشانی خۆتو میوانداری ئەکەییو هەرکەس لێقەوماو بێت یارمەتی ئەدەیت •

پاش ئەمە خەدیجە فەرمووی : با بڕۆین بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفەل)ی ئامۆزام ـ کە پیرێکی ژیرو خاوەن فامو ئاگاداری ئایینی نەصارا بوو ـ رۆیشتن بۆ لایو حەزرەت (د) کارەساتی خۆی بۆ گێڕایەوە ، ئەویش لە وەڵاما فەرمووی : موژدەبێ ئەوەی لەو ئەشکەوتەدا هاتووەتە لات ئەو فریشتە پیرۆزەیە کە هاتووە بۆ لای حەزرەتی مووساو حەزرەتی عیساو تۆ ئەگەی بە پایەیەکی بەرز •• خۆزگە لەو کاتەدا تۆ ئەم پەیامی خودا بە سەر خەڵکا ئەخوێنیتەوەو ئەوانیش ئازارت ئەدەنو لە مەککە دەرت ئەکەن من بمامایە هەتا یارمەتیەکی باشم بدایتایە ! حەزرەت فەرمووی : بۆچی خزمانی من ئازارم ئەدەنو لە مەککە دەرم ئەکەن ؟ وەرەقە وتی : بەڵێ ، هیچ کەسێ لە پێغەمەران نەبووە کە بێت ئامۆژگاری گەلی دەورو بەری خۆی بکاو ئازارو مەینەت لەوانەوە نەبینێ • ئەمە یاسای ئادەمیزادە لەگەڵ پێغەمبەرانا •

پاش ئەمە وەرەقە فەرمووی بە حەزرەت (د) : ئەم جارە کە بانگی ئەو فریشتەیەت بیست خۆت رابگرەو چی ئەڵێت بە دڵێکی ئارامەوە وەری بگرە • پاش ئەمە بە چەن رۆژێ حەزرت (د) لە دەرەوە بوو جوبرەئیل بانگی کرد : یا موحەمەد ! ئەمیش وەڵامی داوەو فەرمووی : (لبیك) • جوبرەئیل فەرمووی : بسم الله الرحمن الرحيم • الحمد لله رب العالمين • تا ئاخری سوورەتی فاتیحەی بە سەردا خوێندەوە • بینا لـــە ســـەر ئەمە ئەووەڵ سوورەتێ پاش پێنج ئایەتەکـــەی سوورەتی (علق) هاتبێتە خوارەوە سوورەتی (فاتیحە) یە • وە لە ریوایەتێ ترا ئەڵێت : سوورەتی فاتیحە لە کاتی فەرزبوونی نوێژا هاتووەتە خوارەوە •

بە هەر حاڵ ئەوەی کە لە لای زانایانی دین باوەڕپێکراوە ئەمەیە کە سوورەتی فاتیحە لە شاری مەککەی موکەڕڕەمـــەدا هاتووەتە خوارەوەو ریوایەتی یەکەم بە هێزترە •

ژمارەی ئایاتی سوورەتی فاتیحە :

ئەم سوورەتە حەوت ئایەتەو لە سەر بیری قورئانزانانـــی (مەککە) و (کووفە)و زورمەی عالمانی (حیجاز) یەکەم ئایەتی (بسم الله الرحمن الرحيم) ە و ئیمامی شافیعی لە سەر ئەمەیە بە چەن دەلیل :

یەکەم : (ام سلمة) ـ رخ ـ ریوایەت ئەکا کە حەزرەت (د) فاتیحەی خوێندووەو (بسم الله الرحمن الرحيم)ی بە ئایەتێك لەم سوورەتە ژماردووە •

دووەم : (أبو هريره) ـخـ ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە (د) کە فەرموویەتی : فاتیحە حەوت ئایەتە یەکەمیان (بسم الله الرحمن الرحیم)ە ٠

سێهەم : (ابو بریده) ـخـ لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا کە حەزرەت فەرموویە : پێت ئەڵێم کە ئایەتێ هەیە لە پاش حەزرەتی سولەیمانی کوڕی حەزرەتی داود خودا نەیناردووە بۆ کەس بۆ من نەبێ ٠ عەرزم کرد : بەڵێ ٠ فەرمووی : کە نوێژت دەست پێکرد چی ئەخوێنیت ؟ عەرزمکرد : (بسم الله الرحمن الرحیم) فەرمووی : ئەو ئایەتە ئەمەیە ٠

چوارەم : (ئیمام جەعفەری صادق) لە باوکیەوە ریوایەتی کردووە ئەویش لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ـ خودایان لێ رازی بێ ـ فەرموویە : حەزرەت فەرموویە کە دەستت کرد بە نوێژ چی ئەخوێنی ؟ عەرزم کرد : (الحمـــد لله رب العالمین) ٠ فەرمووی : بڵی (بسم الله الرحمن الرحیم ٠ الحمـــد لله رب العالمین) ٠

حوکمی ئەم سوورەتە لە نوێژا :

مەزهەبی ئیمامی شافیعی ـ خ ـ لە سەر ئەمەیە فەرزە لەسەر هەموو نوێژکەرێ ئەم سوورەتی فاتیحە بخوێنێ لە هەموو رکاتێکا. بە چاوێری حەرفەکانو مەخرەجیانو گیراوەیان ٠٠ مەگەر یەکێ لەپێشەوا دوا کەوتبێ ئەوە هەرچەن فریا بکەوێ بیخوێنێ باشەو ئەگەر فریاش نەکەوێ هیچی لێ بخوێنێ هەر باشەو مادام لەگەڵ پێشەوادا رکووع ببا رکاتەکەیشی بۆ حسێب ئەکرێ ٠

مانای هەندێ کەلیمەی فاتیحە

(حمـــد) : ستایش‌و ســـوپاس (رب) : ئافەریننـــدە ، دروست‌کەر ، پەروەردگار ، پێگەیێنەری هەرشتێ بەو مایەو پایە بۆی بڕیار دراوە • (عالمین) : جەمعی عالەمەو مانای هەموو نەوعێ لە مەخلووقاتی خوا : گیاندارو بێ گیـــان ، هۆشیارو بێ هۆش کە خوایان پێ ئەناسرێ‌و ئەبن بە رەهنومای بـیری ئینسان بۆ خوا دۆزینەوە • (مالك) : داراو خاوەن کار • (دین): پاداش‌و تۆڵەی کردەوەو بیرو باوەڕ • (نعبد) : عیبادەت یانی : فەرمان‌بەری‌و ، مل‌کەچ‌کردن‌و ، رام بوون بۆ خودای تەعالا • (نستعین) : عەون : یارمەتی‌دانە لە لایەنی خوداوە بۆ بەندە لە هەموو ئیش‌و کارێکا • (اهدنا) : هیدایەت : شارەزاکردنە بە رێگەی راست‌و گەیاندنە بە نیـــازی باش چ بە هـــۆی تەمێ‌و تەربیەتی پێغەمبەرانـــەوە یا ماموستایانی خوداناس‌و مەردانی راست‌و دڵڕووناك یا بیرکردنەوەی ئادەمیزاد بە هۆشی خۆی • بەرزتر لەمانە ئەمەیە کە خودای تەعالا بە میهرەبانی رووناکی دڵ‌و سینەگوشادی بدا بە بەندەی خۆی‌و ئەگەر ئەم روناکییە لە لایەنی خوداوە نەیێ هیچ شتێ سوودی نابێ •

(الصراط المستقیم) : رێگـــەی راست ، مەبەس ئایینی ئیسلام‌و هەموو بیرو کردەوەیەکی راست‌و بە سوودە • (الذین انعمت علیهم) : مەبەس ئەو کەسانەیە خودای گـــەورە نازو نیعمەتی خۆی پێ‌داون لە پێغەمبەران‌و باوەڕکردووان بە راست‌و راستی‌و گیان‌بازانی راست لە رێگەی راستیداو هەموو ئادەمیزادێ کە راست‌و راساڵ بێ • (المغضوب علیهم) : ئەوانەن کە خودا

رقی لێ گرتوون بە هۆی بیری نابارو کردەوەی ناپەسەندەوە ٠ (الضالین) : ئەوانەن کە ڕێگەی راستیان ون کردووە ٠ هەر چەند ئەم دوو صیفەتە لە شانی جوولەکـــەو گاورا هاتوونەتە خوارەوە بەڵام هەموو ئادەمیزادێکی ڕێ‌ون‌کردووو خاوەن بیری نابارو کردەوەی ناپەسەندی بەرئەکەوێ ٠

(آمین) وتنی سوننەتەو لە قورئان نیە ٠ مانای وەرگرتنی ئەم نزاو پاڕانەوەیە کە رابووران ٠

پوختەی مانای ئەم سوورەتە

هەر بە پیرۆزیی ناوی خودای پەروەردگاری میهرەبانەوە دەست بەم مەبەستە ئەکەم ، هەرچی ستایش‌و سوپاسە بۆ ئـەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو شتێکە . ئەو پەروەردگارە کە میهرەبانە لەگەڵ گیان‌لەبەرانا ، ئەو پەروەردگارە کە خاوەن کارە لە ڕۆژی تۆڵەو پاداشا ٠ پەروەردگارا ! هـەر بۆ تۆ بەندەیی ئەکەین‌و هـەر لە تۆ داوای یارمەتی ئەکەین ٠ پەروەردگارا ! شارەزاییمان بکەو بمانخە سەر ڕێگەی راست : ڕێگـەی ئـەو کەسانە کە نازو نیعمەتت پێ‌داون ، نەك ئەوانەی کە رقت لێ گرتوون یا ڕێگەیان ون کـــردووە ٠ پەروەردگارا ! ئەم نزاو لاڵەمان رەوا بکە بە میهرەبانی خۆت ٠

سورة البقرة مدنية وهي مائتان وست وثمانون آية :

بســـــم الله الرحمن الرحيم

﴿ الم ﴾ (١)

الله اعلم · بەس خودا مانای ئەم وشە ئەزانێ ·

﴿ ذلِكَ الكِتَابُ ﴾ :

ئەو کتێبە بەزرە بە سوودە کە بە قەڵەمی قودرەت لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوەو دەستکراوە بە ناردنی بۆ پێغەمبەری خودا (د) ·

﴿ لا رَيْبَ فِيهِ ﴾ :

هۆی گومانو دڵپەرێشانی تیا نیە بۆ ئەو کەسە بە دڵێکی زانای ئارامەوە بیری لێ بکاتەوە ·

﴿ هُدىً لِلْمُتقين ﴾ (٢)

هۆی شارەزاییو رێگەناسی ئەو کەسانەیە کە ئەیانەوێ لە نافەرمانی خودا لادەن ·

﴿ الَّذين يُؤْمِنون بِالْغَيْبِ ﴾ :

ئەوانەیش ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هەیە بەوەی پەنهانەو لە پێش چاوا نیەو بە ئاشکرا نازانرێو باوەڕپێکردنی هـۆی ئەوەیە ئادەمیزاد بە موسوڵمان بناسرێ ، وەکو پەروەردگـاری گشتیو فریشتەو فەرمـــانی خـوداو پێغەمبەرەکـانیو رۆژی پاشەڕۆوو بەهەشتو دۆزەخو ···

﴿ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ ﴾ :

وه ئەوانەی كە نوێژەكان بە ساغی بەجێ دێنن ٠

﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ ﴾ (٣)

وه ئەوانە كە حەقی خودا لە ماڵی خۆیانا دەر ئەكەن بۆ خاوەن هەقەكانو بێجگە لەویش لە رزقو رۆزی خۆیان بەشی خەڵك ئەدەن ٠

﴿ وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ ﴾ :

وه ئەوانەی كە باوەڕیان هەیە بەو كتێبە نێرراوەتە خوارەوە بۆ لای تۆ ٠

﴿ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ ﴾ :

وه بەو كتێبانە كە نێرراونەتە خوارێ بۆ لای پێغەمبەرانی پێش زەمانی تۆ ٠

﴿ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ﴾ (٤)

وه ئەوانەی یەقینو باوەڕی ساغیان هەیە بە رۆژی پاشەرۆژ ٠

﴿ أُولئِكَ على هُدىً مِنْ رَبِّهِمْ ﴾ :

هەر ئەو كەسانەن كە دامەزراون لەسەر پایەی تێگەیشتنو پێگەیشتن لە لای خوای خۆیانەوە ٠

﴿ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (٥)

وه هەر ئەوانەن كە لە هۆی ئازاری پاشەرۆژ رزگار بوونو بە مایەی خۆشەویستی خودا گەیشتوون ٠

کاتی هاتنەخوارەوەی ئەم سوورەتە

بە تێکڕایی بیری زانایانی قورئان لە سەر ئەمەیە کە ئەم سوورەتە یەکەم سوورەتێکە لە پاش کۆچکردنی حەزرەت ـ د ـ لە مەککەوە بۆ شاری مەدینە لە شاری مەدینەدا هاتووەتە خوارەوە · تەنها ئایەتی دووسەدو هەشتاو یەکەم لە خاکی (منی) دا لە سەفەری حەجی وەداعـدا نازڵ بووە · ئەمەیش لەسەر ئەوەی لەمەوپێش نووسیمان مەنعی ئەوە ناکا کە بە ئایەتی مەدینەیی بناسرێت ·

وە فەرموویانە : پێنج ئایەتی ئەووەڵی ئەم سوورەتە لە شانی موسوڵمانانناو ، دوو ئایـەتی پاش ئەوان لە شـانی کافـرە سەرکێشەکاناو ، سیازدە ئایەتی پاش ئەوان لە شانی کافـرە دووڕوەکانا هاتوونەتە خوارەوە ·

مانای کەلیمەکان :

(الم) ئەم کەلیمەو وێنەکانی وەکوو (المر) و (المص)و غەیری ئەوانە لەوانەن کە هەر خودای تەعالا مەعنایان ئەزانێو ئەو حەزرەتی پێغەمبەری تێگەیاندووەو بەس ·

ڕوونکردنەوەی ئەم باسە :

ئایەتی قورئان ئـەوەی هـۆی بـیرو باوەڕو کـردەوەی موسوڵمانان بێ ، یا باسی سەرگوزەشتەی ئادەمیزادی پێشینان

بێ ، یا لە موژدەی موسوڵمانانو ترساندنی کافرانو تاوانبارانا بێو وێنەی ئەمانە هەمووی بە ڕووناکی لە لایەنی حەزرەتەوە ـ د ـ مانایان بەیان کراوەو ، ئەگەر ناکۆکی لە لایەنی زانایانەوە هەبێ لە مانایانا لە بەر ئەوەیە ئەو فەرموودەی حەزرەتەیان بە ساغی پێ نەگەیشتووە ، یا خود بازێ کەلیمەی چەن مانا هەڵئەگرێ یا لەبەر چەن هۆی ترە ..

وە ئەوەی لە وێنەی (الم) بێ ، یا ئـــەو ئایەتانەی کە ماناکانیان لەوانەبێ بۆ زاتی خودا دەس نەدا بە (متشابهات) ئەناسرێن وەك خودا خۆی وا ناوی بردوون .

لە بابەتی ئەمانەوە دوو بیر هەیە : بیری پێشینان ئەمەیە کە باوەڕمان هەیە راستو ڕێکن بەڵام لێیان ناکۆڵینەوەو هەواڵەی زانستی خودایان ئەکەین . مەبەستی هـــەر شتێ بووبێ خۆی ئەزانێ .

وە بیری زانایانی دوایی ئەمەیە : لەسەر ڕووناکی ئایەتە ڕووناکەکانەوە مانای باشیان بۆ ئەدۆزینەوە لە بەر ئەوە خودا ڕەوای دیتووە بە زانایانی دین لە شتی نادیاری بکۆڵنەوە تا مانای دەر ئەکەوێ .

وە ئەو ئایەتانەی کە باسی دروستکردنی ئەرزو ئاسمانو ڕۆژو مانگو ئەستێرەو هاتووچۆو سووڕانەوەی ئەمانە ئەکەن حەزرەت لەبەر چەند هۆیەك بۆی باس نەکردووین .

یەکەم : لەو سەردەمەدا بەسوودترینی ئیشی ئیسلام ئەوە بووە کە تەمێی ئادەمیزاد بکرێت بۆ خوداناسینو ڕووکردنە بیرو باوەڕی ڕاستو ڕەوشتی جوانو کردەوەی پەسەندو بەجێهێنانی ئەو ئادابە کە خودا بڕیاری داوە موسوڵمانان بیانکەن .

دووەم : لە بەر بەربەرەکانی کردنی دوژمنانی ئایین مەیدان نەبووە باس لەم شتانە بکەن ؛ چونکە سیازدە ساڵ پاش ئەوە کە پێغەمبەر بوو بە پێغەمبەر هەر لە شاری مەککەدا موسوڵمانان لە ژێر ئازارو ستیزەی کافرەکانا پەنهانو لە وڵات دەرچوو بوون • وە دە ساڵی دوایی کە لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە هەر ئەوەندە فریا کەوتن کە دەورو بەری خۆیان لە کافر پاك بکەنەوەو ئەو ئادابانە کە پێویستی ئیسلامن نیشان بدرێن •

سێیەم : ئادەمیزادی ئەو رۆژە نەخوێندەوارو بێ ئاگا بوون لە کارەساتی عیلمیو فەننیو تێگەشتن لەم زانستییە دژوارانە پێویستی خوێندنی گەلێ ئەوزاعی کیمیاییو فیزیاییو هەندەسەو حساباتو ئەحواڵی مادەی مەوجوودا تە •

چوارەم : زانستی ئەمانە شتێ نیە کە لە پێش هەموو شتێکا پێویستی ژیانی ئادەمیزاد بێ ، بەڵکو ئەمانە ئەوزاعێکن کە لەگەڵ بەرزەوەبوونو گۆڕانی چەرخی خوێندەواری ئادەمیزادا دەرئەکەونو دەرکەوتووە کە لە پاشەرۆژا ئادەمیزاد بە قەد تەواناى خۆی هەوڵ ئەداو ئەیانزانێ •

کەوابێ پێویستی ئادەمیزادی ژیر ئەوەیە هەوڵ بدا بخوێنێو بە گوێرەی رۆژو چەرخ دەرگای زانست لە خۆی بکاتەوە ؛ چونکی ئایینی ئیسلام وەکوو هەموو ئایینێکی راست رێگەی داوە ئادەمیزاد لە بارەی زانستەوە خۆی پێ بگەیەنێ •

(ذلك الكتاب) : ئیشارەتە بەو کتێبە بەرزە کە خودای تەعالا بە تەواناییی خۆی لە (لوح المحفوظ)دا نووسیویەتیو بە چەن جار لە ماوەی (٢٣) ساڵا بە گوێرەی پێویست بە فریشتەی بەرزی بارەگای خۆیدا کە لە دینی ئیسلاما ناوی جوبرەئیلە

ناردوویەتی بۆ لای پێغەمبەر ـدـ • وە غەیری زاتی خوا کەس پەیوەندی بەو کتێبە نەبووە نـە بـە دڵو نە بە زمانو نە بە نووسین •

(لا ریب فیە) رەیب : بە مانا دوودڵیو گومانو پەرێشان خاترییەو ، مەبەس لەم وتارە ئەمەیە ئەو کەسەی بە دڵی خاوێنەوە بیر بکاتەوە لە حاڵی ئەم پێغەمبەرە کە نە خوێندەوار بووەو نە لەگەڵ خوێندەوارانیشا بووەو ، بیر لەم قورئانە بکاتەوە کە وتارێکە بە مەغزو ماناو . شێوەی لە شێوەی وتاری ئادەمیزاد ناچێو ، باسی مێژووی پێشینانو گەلێ کارەساتی داهاتوو ئەکاو، پارچەکانی هاورێی راستیو ساغییەو زیادەرەویو دەرچوون لە هۆشی ئادەمیزادی ژیر نیەو باسێ گەلێ ئەوزاعی عەرزو ئاسمانو دەریاو کەشتیو کشتو کاڵو زەویو بەسەرهاتی زەوی ئەکاو ، بە جارێ ئادەمیزاد بۆ دڵپاکیو دڵسۆزیو بیرو باوەری چاكو کردەوەی پاك بانگ ئەکاو ••• یەکێ کەمێ بیر لە مانا بکاتەوە ئەزانێ ئەم وتارە نە وتاری محەمەدو نە وتاری باقی ئادەمیزادەو بەس لە لایەنی پەروەردگـارەوە هاتووەتـە خوارەوە بۆ تەمێی ئادەمیزادو نیشاندانی رێگەی راست •

(للمتقین) : لە (تقوی) وەرگیراوە ، بە مانا خۆپاراستنە • مەبەس لە تەقوا لە دینی ئیسلاما بە رووناکی سێ شتە :

یەکەم : خۆپاراستن لەو بیرو باوەرە پەستە نابارانە کـە ئادەمیزاد بۆ خودانەناسیو بتپەرستیو پاڵدان بە شتی بێ مایەو بێ شوعوورو بێهـۆشەوە رائەکێشی • یانی خۆ پاراستن لـە (کافرێتێ) بە هەموو شێوەیێ •

وه خۆپاراستنیش لەو بیرو باوەڕە کە دووره لە شێوەی ئەوەی پێغەمبەری خوداو هاوڕێکانی لە سەری رابوردوون • به کورتی خۆ پاراستن لە (بدعة) بیری نابار دامەزراندن •

دووهەم : خۆپارازتنە لەو کردەوە ناپەسەندانەو لەو تاوانبارییانە کە ئینسان ئەکا بە ئادەمیزادێکی ناڕێکی ناباری زیانکار بۆ کۆمەڵی موسوڵمانان ، وەکو خوێنڕێژیو داوینپیسیو دەستو زمان پیسیو وێنەی ئەمانە • یانی خۆپارازتن لە تاوانباری •

سێهەم : خۆپارازتنە لە هەرشتێ بێ سوودو بڕاوه بێو ، هەمیشە دڵی لای خودا بێ بە مەعنای کەلیمە • ئەمەیش مەعنای وا نیە کە ئیشو کاری ژیانی نەبێو خۆی بکا بە کێوی ! بەڵکو مەعنای وایە لەگەڵ بەجێهێنانی پێویستی ژینی پیاوانە مەردبێو روو لە پیرۆزیی نەبڕاوە بێ • بە کورتی یەکەم ئادەمی چەرخی خۆی بێ •

به بەشی یەکەم ئادەمیزاد لە کافری دەرئەچێو ئەبێ بە موسوڵمان ، هەروەها ئەبێ بە موسوڵمانێکی پەیڕەویکەری پێغەمەری نازار • بە دووهەم ئەبێ بە موسوڵمانێکی (عادل) راستو راساڵ • بە سێهەم ئەبێ بە موسوڵمانێکی نایابو ناودار • ئەمانە هەموو وان لە ناو موسوڵمانیدا ، یانی ئینسانێ موسوڵمانی ساغ بێ هەموو ئەم بەشانەی هەیە • وە پایە نیە لە ئیسلامییەت بەرزتر بێ ، ئەگەر چی ، لە ناو خەڵکا ، یەکێ ئەمانەی هەبێ بە (وەلی)و دۆستی خودا ناو ئەبرێ • شێخ عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی ــ رەحمەتی خوای لێ بێ ــ بۆ ئیشارەت بەم سێ بەشەی تەقوا لە تاریفی وەلیدا دەفەرموێ :

وەلی : شەخصێکە (عاریف باللە)
(ما امکن) بە ذات بە صیفات ئاگاە
بیکێشی بە سەنگێ هەر سێ تەقوادا
بە ترازووی شەرع موویێ لا نادا ٠

★ ★

(یۆمنون)لە مەعنای (ایمان)دا سێ ڕا هەیە ؛ یەکەم : ڕای زانایانی حەدیث ، بە بیری ئـەوان ئیمان سێ شـتە ؛ (١) باوەڕکردن بە دڵ بەوەی کـە پێغەمبەر (د) لـە لای خـوداوە وەری‌گرتووەو گەیاندوویە بە ئێمە ٠ (٢) ئیقرار بە زمان‌و وتنی (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله) ٠ (٣) بەجێ‌هێنانی ئەوەی کـە واجباتی موسوڵمانەو لادان لـەو کردەوانە کە لە ئیسلاما ناڕەوان ٠

ڕای دووەم : ئیمان بریتیە لە باوەڕی دڵ‌و ئیقرار بە زمان بۆ ئەو کەسە تەوانای ببێ ، ئەم ئیقرارە بە زمان بڵێت ، وا ئەبێ چاو پۆشی لەم ئیقرارە ئەکرێ بۆ ئەو کەسانە کە ناوێرن ئەم ئیقرارە بە ئاشکرا دەربڕن ٠

ڕای سێهەم : ئیمان تەنیا بریتیە لە باوەڕ بە دڵ ، نیتر کردەوە داخڵی ئیمان نیەو ئیقراریش پێویستە بۆ رابواردنی فەرمانی ئیسلام بە سەر موسوڵمانەکەدا ٠ دەلیلی ئەم ڕایە ئەمەیە لە گەلێ ئایات‌و حەدیثا ناوی تاوانبار بە موسوڵمان براوە ٠ ئەگەر کردەوە داخڵی ئیمـان بوایێ ئەبوایە هەرکەسێ واجبێ

تەرکث بکا ، یا تاوانێ بکا بە کافر ناو ببرێ • کە وابێ کردەوە روکنی ئیمان نیە • هـەرچەن لەگـەڵ ئیمانی کامڵدا کردەوە هەیە •

وە ئەو ئایەتو حەدیثانە کە تاوانباران بە کافر ناوئەبن بۆ کەسانێك ئەچنەوە کـە تاوانکردنەکەیان بە ڕەوا بزانن • یاخود مەعنایان وایە کە ئەو کردەوانە لە شێوەی کافرانە • یاخود بۆ سەرزەنشو لۆمەی تاوانباران وا بە توندی هاتوون • وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شـەرحی (مسلم)دا فەرموویەتیو گـەلێ لە زانایانی دین پەسەندیان کردووە • بەلاّم لێرەدا نوختەیێ هەیە پێویستە بزانرێ ئەوەیش ئەمەیە : هەرچەن ئیمان بە باوەڕی دڵ تەفسیر کراوە ئەم باوەڕە بەبێ تەسلیمو رام بوونی دڵ کافی نیە ؛ چونکی گەلێ لە کیتابیەکـان زانیویانە بە گوێرەی ئـەو نیشانانەی لە کتێبی خۆیانا وەریان گرتووە کە حەزرەت پێغەمەری خوایە • کەچی خودا بە کافر ناویان ئەبا ، لە بەر ئەوەی بەرابەر بە حەزرەت عەنادو سەرکێشییان کردووە •

لەبەر ئەمە ئیمان بریتیە لە : تەصدیقو باوەڕی دڵ لەگەڵ رامبوونی دڵ بۆ فەرمانبەری پێغەمەر (د) (امام الحرمین) ئەم نوختـەی دەربڕیوە • مـەلا سەعـدی تەفتازانیش لە شـەرحی مەقاصیدا بەیانی کردووە • کە وابێ ئەو کەسانە کە تەنیا ناوی تەصدیقیان بردووە لە بەر ئەوەیە کە بە زۆری تەصدیقی دڵ ئەبێ بە هۆی تەسلیمو فەرمانبەردایش بە تایبەتی کە ئیقرار بە زمانیش لەگەڵیا شەرتە •

ئیمان باوەڕە بە شەرتی تەسلیم
یانی دڵڕامی بۆ خاوەن تالیم
دڵ کە سەرکێش بو خاوەن کێش نیە
کێش لە گەڵ ڕێشا کەم‌و بێش نیە

(بالغیب) غەیب بریتیە لەو شتانە کە هەستیان پێ نەکرێ‌و بە ئاشکرا عەقڵ پێیان نەگا : وەکو : زاتی خودای تەعالاو ، فریشتەو ، هەموو ئەو شتە پەنامەکییانە کە پێغەمەر (د) باسی کردوون ۰

بەم بەیانە (غەیب) رۆژی قیامەتیش ئەگرێتەوە ، بەڵام بۆیە لە ئایەتی دواییدا ناوی ئیمان بە رۆژی قیامەت براوە لەبەر زیادە ئیعتیباری باوەڕ بە پاشەڕۆژ ۰

لە واقیعا باوەڕ بە ڕۆژی پاشەڕۆژ ئەبێ بە هۆی تێکۆشین لە کردەوەی باشاو ئەبێ بە پارێزەری ئادەمیزاد لە کردەوەی ناڕەواو ئەگەر حسێبی ئەو رۆژە نەبێ ئەنجامێ بۆ فەرمانی خودای تەعالاو فەرمانبەرداری نامێنێ بەڵکو جیایی لە میانەی ئادەمیزادو باقی گیان‌لەبەرانا هەڵئەگیرێ ۰

بێداری :

هۆی ئەوە کە خودای تەعالا لەم شوێنەدا باسی باوەڕکردنی بە باقی یاسای ئیسلام نەکردووە ، وەکو رۆژوو حەج‌و ۰۰۰ ئەوەیە کە لە کاتی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانەدا ئەو یاسایانە دانەمەزراوون ۰ یا لە بەر ئەوەیە کەسێ کە باوەڕ بە پێغەمەر (د) بکا لە باسی بوونی خوداو فریشتەو ئایینی ئیسلاما۰۰ باوەڕ ئەکا بە هەر شتێ غەیری ئەوانەیش کە حەزرەت (د) بفەرموێت ۰

پوختەی مەعنای ئەم ئایەتانە :

ئەو کتێبە بەرزە خاوەنپایەو مایە کە سوود بەخشە بۆ عالەم گومانو دوو دڵی ی تیا نیە بۆ ئەوانە بە هۆشی ڕۆشنەوە بە ئینساف لێی ئەکۆڵنەوە ·

ئەو کتێبە هۆی تێگەیشتنو پێگەیشتنە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ خۆیان لە ئازارو ناباری ئەم چەرخەو ڕۆژی دوایی بپارێزن ·

ئەو پارێزکارانە کە باوەڕیان بەو شتە پەنامەکییانە هەیە کە پێغەمەر ناوی بردوون ، ئەوانەی کە نوێژەکان بە ساغی بەجێ دێننو لەو داراییە کە هەیانە بەشی خەڵکی ئەدەن ، بەو یاسا کە فەرمانیان پێ دراوە ·

ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەم کتێبە هاتووەتە خوارەوە بۆ تۆو ئەو کتێبانەیش هاتوونەتە خوارەوە بۆ پێغەمەرانی پێش تۆو ، باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە کە ڕۆژی تۆڵەو جەزایەو کاتی زیندوبوونەوەی نوێیە ·

ئەوانە کە ئەم شێوە ڕابوردوویانە هەیە ئەوانەن لەسەر پایەی شارەزایی بۆ حەق دامەزراونو پێگەیشتوونو ئەوانەن کە بە مایەی ڕزگاری نەبڕاوە گەیشتوون ·

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ :

ئەو کەسانە کە مانیان گرتووە لەسەر ئینکارو سەرکێشی لە پاش ئامۆژکاری زۆر ·

﴿ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ ﴾ :

یەکسانە بۆ ئەوان ـ لە بێ سوودیدا ـ بیان ترسێنی بە ئازاری قیامەت یان نەیان ترسێنێ •

﴿ لاَ یُؤْمِنُونَ ﴾ (٦)

باوەڕ بەو ئایەتانە ناکەن تۆ بە سەریانا ئەخوێنیتەوە •

﴿ خَتَمَ اللهُ عَلَى قُلوبِهِمْ و عَلَى سَمْعِهِمْ ﴾ :

بەرابەر بە سەرکێشیو دڵڕەقی ئەوان خوای عالەم رقی لێ گرتوونو دڵی لە بیرو باوەڕی روونـاك دوورخستوونەتەوەو هەستی بیستنیانی پەك خستووە لەوە پەندو ئامۆژگاری بە سوود وەربگرن • وەکوو چۆن فەرماندەری دادگا دەرگـای خانووی ئادەمیزادی دەست بادی سەرسەری مۆر ئەکاو ئەیگێڕێتەوە لە دەست بردن بۆ ناو ماڵی خۆی •

﴿ وَعَلَى أَبْصارِهِمْ غِشَاوَةٌ ﴾ :

هەروا ئەو ئادەمیزادە سەرکێشـانە پەردەی خۆکوێرکردن سەر چاوی داپۆشیون •

﴿ وَلَهُمْ عَذابٌ عَظيمٌ ﴾ (٧)

وە سـەرەڕای ئەمانەیش لە پاشـەڕۆژا ئازارێکی نایاری گەورەیان بۆ بڕیار دراوە ، لە سەر ئەوە کە سەرمایەی هۆشو هەستی خۆیانیان زایە کردووەو بەرابەر بە پێغەمەری خاوەن پایە سەرکێشیو بەربەرەکانییان دەربڕیوە •

کاتی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە :

گەلێ لە زانایانی دین فەرموویانە ئەم ئایەتانە دەربارەی (ئەبوجەهل)و شوێنکەوتووانی هاتوونەتە خوارەوە · یانی پاش ئەوەی حەزرەت (د) لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە گەلێ بیری لە موسوڵمانبوونی ئەوانە ئەکردەوەو ئەیویست روو بکەنە رێگەی راست بەڵکو بە هۆی ئەوانیشەوە خەڵکەکە موسوڵمان بین‌و ، لە رکەی ئەوان لە سەر ئینکارو سەرکێشی دڵمەند بوو · خودایش بۆ دڵخۆشی دانەوەی حەزرەت‌و بۆ تەمابڕینی لە ئیمانی ئەوانا ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە ·

وە هەندێ لە زانایان فەرموویانە : ئەم ئایەتانە لە شانی گەلێ لە جوولەکەی شاری مەدینەو دەوروبەری هاتوونەتە خوارەوە ، کە حەزرت (د) گەلێ ئامۆژگاری کردن‌و سوودی نەبوو ·

لە تەماشاکردنی مەعنایانەوە بۆمان دەرئەکەوێ ، هەر چەن لە شانی ئەوانا هاتبن ، هەموو کافرێکی سەرکێشی دڵڕەق‌و بێ شەرم ئەگرنەوە ·

مەعنای هەنێ لە کەلیمەکان :

(ان الذین کفروا) : کوفر : بەرابەری ئیمانە ، وەکوو چۆن ئیمان‌و باوەڕ تەسلیم‌و ملکەچییە کوفریش ئینکارو عەنادو سەرکێشی‌و ملبادانە · (ختم الله): خەتم : مۆرکردنەو خاتەم مۆرە · (قلوبهم) : قەلب : دڵەو مەبەس خودی ئەو پارچە گۆشتە نیە ، بەڵکوو مەبەس هێزێکی خوداکردی وایە کە ئەبێ بە هۆی هۆشیاری‌و زانستی گەلێ شت‌و لەم ئایەتەدا (تەمثیل) هەیەو

خودای تەعالا شێوەی دڵو گوێچکەی ساغی ئەو کافرانەو ئیمکانی سوودلێوەرگرتنیان بە بیرو باوەڕی بەسوودو گوێڕاگرتنی بۆ پەندی بە مایەی وا لێوردەوبوونیان نیشانەکانی وجوودی خودای عالەمو راستی پێغەمبەر دەربخاو زایەکردنیان بۆ هەموو ئەم شتەباشانە وێنەدار کردووە بە شێوەیێ وەربگیرێ لە ئادەمیزادێکی خاوەن خانووی پڕ لە نازو نیعمەتو پارەی نەختی رەواج کە بۆ ئەوە بشێن گەلێ سوودیان لێوەربگیرێ ، لە گەڵ ئەوەیشدا کابرا بە هۆی خەرجی بێ جێگەو مامەڵەی زیانکردووەوە ئەو بەشو بارە لە خۆی بکاو فەرمانداری دادگا فەرمان بدا دەرگای خانووەکەی مۆر بکەن بۆ ئەوە کە هیچ شتێکی لێ دەرنەکرێو هیچیش نەڕواتە سەری ٠

پوختەی مەعنایان :

ئەی پێغەمەری نازار بزانە ئەو ئادەمیزادە بەدنیهادە سەرکێشانە ئەوەندە چەقاوەسوو بوون ئامۆژگارییان بکەی یا نەکەیو بیان ترسێنێ بە ئازاردان لە لایەنی خۆمەوە یا نە بۆ ئەوان یەکسانەو قەت ئیمان ناهێنن ٠

جا لە بەر ئەم بەدنیهادیو سەرکێشی ئەوانە خوا دڵی ئەوانی مۆر کردووەو گویچکەیانی مۆر کردووە ، خێریان تێ ناچێو سوودیان پێ وەر ناگیرێت ٠ هەروا لەسەر چاویان پەردەی خۆکوێرکردن هەیەو بە باشی تەماشای نیشانەی خێر ناکەنو سەرەڕای ئەمەیش لە پاشەڕۆژا ئازارێکی گەورەیان هەیە ٠

تەمێی نەژنەوا پەندە بۆ مردوو
بێسوودە پەندی دڵمردووی بەدخوو
چاوێ نەبینێ پانایی شا ڕێ
بوونی بێ سوودە چاوێ بێ یا دوو

﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ : آمَنَّا بِاللّهِ وَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ ﴾ :

لە ئادەمیزادە کەسانێ ئەڵێن : باوەڕمان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە ٠

﴿ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ ﴾ (٨)

کەچی باوەڕیشیان نیەو ئەم وتارە بەس بە زمان ئەڵێن ، بە شێوەی دووڕوویی‌و لە دڵا باوەڕیان نیە ٠

﴿ يُخادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنوا ﴾ :

ئەیانەوێ بەم شێوە خواو پێغەمەری خواو باقی موسوڵمانان بخەڵەتێنن ٠

﴿ وَمَا يَخْدَعونَ اَلاَّ اَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُون ﴾(٩)

وە لە واقیعا ئەمانە فێڵ لەگەڵ خۆیان ئەکەن‌و زیانی ئەم شێوە هەر بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوە بەڵام نافامن -

﴿ فِي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ ﴾ :

وە هۆی ئەم شێوە ناڕەوایانە ئەمەیە نەخۆشی دوودڵی‌و دووڕوویی وا لە دڵیانا ٠

﴿ فَزادَهُمُ اللهُ مَرَضاً ﴾ :

وه به هۆی بەجێهێنانی ئەم دووڕووییەوە خوای تەعالا نەخۆشیەکەی دەروونی زیاد کردوون ٠

﴿ وَلَهُمْ عَذابٌ أليمٌ بِما كانُوا يَكْذِبُونَ ﴾ (١٠)

وه لە پاشەڕۆژیشا ئازارێکی گەورەی ناباری نەبڕاوەیان هەیە بە هۆی دەوامیان لە سەر درۆکردن لە گەڵ خواو بەندەکانی خوادا ٠

﴿ وَإذا قِيلَ لَهُمْ : لا تُفْسِدُوا فِي الأرْضِ ﴾ :

وه کاتێ لە لایەنی ئامۆژگارانی خوداناسی حەقپەرستەوە پێیان بوترێ : ئیفساد لە عەرزا مەکەن ، درۆو دووڕوویی مەکەن ، ئاشوب هەڵمەگیرسێنن ٠٠٠

﴿ قَالُوا : إنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴾(١١)

لە وەڵاما ئەڵێن : ئێمە ئیشمان هەر ڕێکخستنی دڵی خەڵکە لەگەڵ یەکاو لە بەر زەمانەسازی هاتوچۆی کۆمەڵی غەیری موسوڵمانەکان ئەکەین ٠

﴿ ألا ﴾ :

ئاگادار بن ٠

﴿ إنَّهُمْ هُمُ المُفْسِدُونَ وَلكِنْ لا يَشْعُرُونَ ﴾(١٢)

ئەمانە ئیشیان هیچ نیە ئیللا دڵخراپکردنی خەڵك نەبێ لەگەڵ یەکاو ئەیانەوێ بە سەر موسوڵمانەکانا زاڵ بین ، بەڵام بە بیرو باوەڕی خۆیان وایە ئەم کردەوە باشەو شوعووریان نیەو

ئەوە نازانن کردەوەکەیان دنیا وێران ئەکاو ئایینی پاك بەرباد ئەکا ·

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ : آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ ﴾ :

وە کاتێ لە پەناوە کە دوور بن لە موسوڵمانەکان ·· پێیان بوترێ لە لایەنی ئامۆژگارێکی پاکەوە : ئیمان بێننو باوەڕی ساغ وەربگرن بە دینی ئیسلام وەکوو موسوڵمانە ساغەکانو لەم شاتو شووتە بکەون ···

﴿ قَالُوا : أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ ؟ ﴾ :

لە وەڵاما ئەڵێن ئێمە چۆن وەك ئەم بێدەماخانە باوەڕ بەم یاسایە ئەکەین ؟!

﴿ أَلَا ﴾ :

ئاگاداربن ·

﴿ إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ ﴾ :

هەر ئەمانەن بێ دەماخ کە بەرابەر بە یاسای خوداناسیو حەقپەرستیو هێمنی لە گەڵ ئادەمیزادا ئاشووب ئەگێڕن ·

﴿ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ (١٣)

بەڵام لە بەر هەواپەرستی خۆیان نازانن کە بێدەماخنو گیرۆدەی نەزانینی دووسەرە بوونو وا ئەزانن دینی ئیسلام خراپەو نازانن ئەم زانستیانە لەسەر راستی نیە ·

﴿ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا : آمَنَّا ﴾ :

وا بە دووڕووییەوە خوویان گرتووە هەر کاتێ بگەن بە خاوەن باوەڕە ڕاستەکان و موسوڵمانە ساغەکان، بۆ خەڵەتاندنیان، ئەڵێن : ئێمەیش باوەڕمان بەم ئایینی ئیسلامە هەیە ٠

﴿ وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ ﴾ :

وە کاتێ ئەچنەوە بۆ لای هاوڕێ شەیتان خووەکانیان ٠

﴿ قَالُوا : إِنَّا مَعَكُمْ ﴾ :

بۆ دڵدانەوەی ئەوان ئەڵێن : ئێمە بە بیرو باوەڕ لەگەڵ ئێوەداین ٠

﴿ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ ﴾ (١٤)

کاتێ لای موسوڵمانەکان دان بە ئیمانا بنێین گاڵتەیان پێ ئەکەین و ئەیانخاوێنین ٠

﴿ اللهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ ﴾ :

جا ئەگەر نازانن خوا لەگەڵ ئەمانا چی ئەکا ؟ بزانن بەڕاستی بە توولی زەمان خوا ئیشێ لەگەڵ ئەمانەدا ئەکا وەکوو ئیشی کەسێکە گاڵتە بە کەسێ بکا ٠

﴿ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾ (١٥)

ئیشەکە ئەمەیە کە لە ژینی دنیادا هێزیان ئەداتێ لە سەر هۆی لەڕێلادانیان و بە حاڵی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی ئەیانهێڵێتەوە تا پاشەڕۆژ و لەوێیش فەرمان ئەدا بانگیان ئەکەن بۆ دەرگای بەهەشت کاتێ نزیك بوونەوە فەرمان ئەدا ـ بۆ سووكکردنیان ـ دەرگاکانیان لەسەر قەپات ئەکەن و بە داخی دڵەوە ئەیانگێڕنەوە بۆ دۆزەخ و ئازار ئەدرێن ٠

﴿ أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوا الضَّلالَةَ بِالْهُدَى ﴾ :
ئەمەیش پاداشی ئەوەیە ئەم کۆمەڵە نامەردە بێهۆشە ئەو شوعوورو هۆشە خوداداوەی خۆیانەو ئەو هەلە جوانەی ئامۆژگاری پێغەمەریانە بە وەرگرتنی گومڕاییو سەرلێشێواوی گۆڕییەوە ٠

﴿ فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ ﴾ (١٦)

کەسانێکیش خوویان وا بێ ئاڵو گۆڕی وا بکەنو پاپایی بە ئامۆژگاری ژیران نەکەن قەت لەو ئاڵو وێڵەدا سوود ناکەنو لە بەر نەژنەواییش شارەزای مامەڵەی بەسوود نابنو لە پاش ماوەیەکیش هۆشیان بە پەردەی بیری نابارو تۆزی کردەوەی ناپەسەند دائەپۆشرێ ٠

﴿ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِى اسْتَوْقَدَ نَاراً ﴾ :
حاڵی ئەمانە وەکوو حاڵی کەسانێ وایە کە ئاگرێ بکەنەوە٠

﴿ فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ﴾ :
وە لە کاتێکا دەورو بەری ئەو کەسانەی رووناك کردەوە ٠٠

﴿ ذَهَبَ اللهُ بِنورِهِمْ ﴾ :
خودای تەعالا ئەو رووناکیەیان ون بکاو نەیهێڵێ ٠

﴿ وتَرَكَهُمْ في ظُلُمَاتٍ لاَ يُبْصِرونَ (١٧) صُمٌ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ ﴾ (١٨)

وە ئەو کەسانە بهاوێتە ناو تاریکێیکی رەشی شەوەزەنگەوە

بە جۆرێ هیچ شتێ نەبینن . ئەم دووڕووانە مادەم هەق نابینن وەکوو کەڕ وان . مادەم هەق بە زمانیانا نایێ وەکوو لاڵ وانەو ناڕاوانن بۆ نیشانەی بوونی خوداو راستیی ئیسلام وەکوو کوێرنو ، مادام لەسەر ئەم حاڵە بمێننەوە قەت ناگەڕێنەوە بۆ سەر ئیمانو باوەڕ بە پێغەمەر (د) .

﴿ أَوْ كَصَيِّبٍ مِنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ ﴾ :

یاخود حاڵیان وەکوو حاڵی کەسانێ وایە رەهێڵەو بارانێکی توندیان بەسەرا بباریێ لە ئاسمانەوەو ئەو بارانە تاریکی شەوو تاریکی هەورو تاریکی هێرشی بارانەکەی تیا گردبێتەوەو هەورە گرمەو چەخماخەیشی لە پالا بێ .

﴿ يَجْعَلُونَ أَصَابِعَهُمْ فِي آذانِهِمْ مِنَ الصَّوَاعِقِ ﴾ :

وە ئەو کەسانە حاڵیان وابێ لە ترسی هەورە تریشقە پەنجەیان بئاخنن بە گوێیانا .

﴿ حَذَرَ الْمَوْتِ ﴾ :

لە بیمی مردن بە هۆی تریشقەوە .

﴿ وَاللهُ مُحِيطٌ بِالْكَافِرِينَ ﴾ (١٩)

لەگەڵ ئەوەدا خوا بە تەوانایی خۆی دەورەی کافرانی گرتووەو لە دەستی خودا رزگار نابن .

﴿ يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ ﴾ :

بروسکەکەی ئەوەندە بە هێز بێ نزیك بێ هێزی چاویان بفڕێنێ ٠

﴿ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُمْ مَشَوْا فِيهِ ﴾ :

هەرچەند ئەو بروسکە رووناکی بخاتە ناوەوە بە هۆی ئەو رووناکییەوە چەند هەنگاوێك بە ڕێدا ئەڕۆن ٠

﴿ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا ﴾ :

وە کاتێ تاریکی دایگرتن ئەوەستن لە شوێنی خۆیانا ٠

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ ﴾ :

وە ئەگەر خوا خواستی هەبێ هێزی گوێچکەو رووناکی چاویان وەربگرێ پارێزی ئەوان بێ سوود ئەبێ ٠

﴿ إِنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (٢٠)

چونکی خوا توانای بە سەر هەموو شتێکا هەیە ٠

بزانن : لە تەمثیلی یەکەما شێوەیێ وەربگیرێ : گەلێ ، کۆمەڵێ خواخوایان بێ ئایینی ئیسلام دەرکەوێ بۆ ئەوە سوودی هەردوو دونیای لێوەرگرن‌و هەر خۆیان ببن بە هۆی نائومێدی خۆیان لەو ئایینەرووناکەو بکەونە ناو تاریکستانی بێ باوەڕی‌و سەرلێشێواوی‌و سەرگەردانییەوە ٠٠ ئەمە تەشبیە کراوە بە شێوەیێ وەربگیرێ لە گەلێ خۆیان ئاگرێ بکەنەوەو پاش ئەوە کە دەورو بەریان رووناك بکاتەوە کوتوپڕ ئاگرەکەیان بکوژێتەوەو بەرچاویان بە جۆرێ تاریك ببێ سەر دەرنەکەن‌و سەرگەردان داکەون ٠

وه له تەمثیلی دووەما شێوەیێ وەربگیرێ لە گەلێ شەپۆلی ئایینی ئیسلام بێت بە سەریاناو لە ناو یاساکانی ئیسلاما بە هۆی بەدبیری هەنێ کەسەوە گەلێ گومانو رەخنـەی تیا پەیدا ببێو ناهەمواریو هـەڕەشەو دلـداری موژدەی تیـابێو بەرابـەری هەڕەشەکان بێزاری دەربپڕنو دڵیان بە موژدەکان خۆش بێ ...
تەشبیه کراوە بە شێوەیێ وەرئەگیرێت لە گەلێ ڕەهێڵەو خورڕەمێ بە سەریانا بباریو ئەو رەهێڵەیە تێکەڵی تاریکی هەورو زۆری بارانەکەو رەشی هەور بێو هەورەگرمەو بروسکەیشی تیابێو ئەم گەلە لە بیمی هەورەتریشقە سەر پەنجە بکەن بە گوێچکەیاناو کاتێ بروسکەیێ دەرکەوێ بە رووناکی ئەوەوە بڕۆن بە رێگەداو کاتێ بروسکەکـە کووژایـەوە لە شوێنی خۆیانـا راوەسـتنو سەرکەردان بین .

﴿ یَا أَیُّها النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّکُمْ ﴾ :

ئـەی ئـادەمیزاد بەنـدەییو فەرمانبـەری بەجێ بێنن بۆ پەروەردگاری خۆتانو بە تەنیاو تەوانای بزانن .

﴿ الَّذي خَلَقَکُمْ والَّذینَ مِنْ قَبْلِکُمْ ﴾ :

ئەو پەروەردگارەی کە تەوانایی خۆی دەرخستوە بەوە کە ئێوەو باوكو باپیرەو دایكو داپیرەی ئێوەی دروست کردووە .

﴿ لَعَلَّکُمْ تَتَّقُونَ ﴾ (٢١)

ئومێد هەیە بە هۆی ئەم بەندەییو فەرمانبەرییەوە خۆتان بپارێزن لە نارەزایی ئەو خودایە .

﴿ الَّذي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِراشاً ﴾ :

ئەو پەروردگارە کە عەرزی کردووە بە رایەخ بۆ ئێوە تا بە سەریەوە بژین و ژیواری خۆتان پەیدا بکەن ٠

﴿ وَالسَّمَاءَ بِنَاءً ﴾ :

وە ئاسمانی پڕ نەخش و نیگاری بە راس سەرتانا دروست کردووە وەکوو سەر میچی خانوویێ کە چەن گولۆپی رووناکی پێوە قایم کرابێ بۆ رووناکی خانووەکە ، کە ئەو گولۆپانە بریتین لە رۆژو مانگ و باقی ئەستێرەکان ٠

﴿ وَأَنْزَلَ مِنَ السَّماءِ مَاءً ﴾ :

وە لە ئاسمانەوە بە هێزی تەوانایی خۆی ئاوی بارانی بە سەرا باراندوون ٠

﴿ فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمراتِ رِزْقاً لَكُمْ ﴾ :

وە بە هۆی ئەو بارانەوە کە رژاندوویەتی بەسەر عەرزا وە بە هۆی ئەو سەرچاوەو جۆبارو روبارەوە کە لەوەوە پەیدا بوون هەنێ بەش و بارەو نازو نیعمەتی بۆ ئێوە دەرکردووە بۆ ئەوە ببێ بە رزق و رۆزی بۆتان ، وە بەرگ و پۆشاك و خواردەمەنی پاکی لێ وەربگرن ٠

﴿ فَلا تَجْعَلُوا للهِ أَنْداداً ﴾ :

ما دام خوا ئەم هەموو تەوانایی خۆیە لە بۆ ئێوە دەرخستووەو ئەم هەمووە نازو نیعمەتەی داناوە بۆتان کە هەرکەس کۆششێ بکا بە قەی شانی خۆی وە دەست ئەخا ، ئیتر شەرم بکەن و هاوشان و هاو وێنە بۆ ئەو پەروەردگارە بێ وێنە بڕیار مەدەن ٠

﴿ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (٢٢)

وەلحال ئێوە زانانو بە زانستی پاكو خاوێن لە گومانی نەخۆشی ئەزانن کە ئەم پەروەردگارە تەنیاو تەوانا بیناو زانایەو پێویستی بە هیچ شتێ نیەو هەموو شتێ پێویستی بەو هەیە ٠

﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ ﴾ :

یانی ئەوەی بناغەی باوەڕی موسوڵمان بێ باوەڕە بە پەروەردگاری تەنیاو تەواناو باوەڕە بە پێغەمەری خودا ، وە بە هۆی کارەساتە پێشووەکانەوە خوداتان بۆ دەرکەوتووە کە هەیەو تەوانایە ٠٠ ئیستە پێویستتان ئەوەیە بزانن کە محمد (د) فورستادەی خودایە ئەمەیش بۆ ئێوە دەرئەکەوێ بەوەی بزانن ئەم کتێبە کە ئێتەخوارەوە بۆی کتێبی خودایە ؛ چونکی ئادەمیزادی هۆشیار کە تەماشای خوو و رەوشتی پێغەمەری کردو تەماشای کتێبەکەیشی کرد کە ئادەمیزاد بانگ ئەکا بۆ خوداناسینو باوەڕ بە تۆڵەی کردەوەو بۆ رەوشتی چاكو کردەوەی پاك باوەڕ ئەکا ئەو پێغەمەرە راستەو پایەی باڵایەو کتێبەکەیشی وتاری خوایە ٠

وە ئەگەر هەر بۆتان ساغ نابێتەوەو دوودڵن لەوەدا کە وتاری خودا بێ ئازان خۆتان ئامادە بکەنو سوورەتێ ، کە بریتیە لە چەن ئایەتێ ، لە وێنەی ئەم کتێبە بێنن ، لە لای هەرکەسێکەوە بێ وە لە هەر شوێنێکا بێ کە خۆتان پەسەندی ئەکەن ٠

﴿ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ ﴾ :

وە ئەوانەی کە بە یارمەتیدەری خۆتانی ئەزانن کە لە کاتی کارەساتا حازر ئەبن بە لاتانەوە بانگیان بکەن بۆ یارمەتی ٠ یا

ئەوانەی کە بە زاناو هۆشیاری ئەزانن‌و شایەتیتان بۆ ئەدا لەسەر هاو وێنەیی ئەوەی ئەی‌هێننە پێشەوە بانگیان بکەن با شایەتیتان بۆ بدەن ٠

﴿ مِنْ دُونِ اللهِ ﴾ :

بەلاّم غەیری زاتی خودا چونکی ئەو نە یارمەتیتان ئەدا لەسەر ئەم مەبەستەو نە شایەتیتان بۆ ئەدا کە ئەو هاو وێنەیە راستە ٠

﴿ اِنْ کُنْتُمْ صَادِقِینَ ﴾ (٢٣)

ئەگەر ئێوە راست ئەکەن لەوەدا ئەم قورئانە وتاری ئادەمیزادەو ئەتوانن بەران‌بەرکێ لە گەلاّ بکەن ٠

﴿ فَاِنْ لَمْ تَفْعَلوا ـ وَلَنْ تَفعَلُوا ـ فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُها النّاسُ و الحِجَارةُ ﴾ :

ئەگەر نەتان‌توانی وێنەی سوورەتێ بێنن ـ وە بیش‌زانن قەت ناتوانن بی‌هێنن ـ دە ئیتر روو بکەنە راستی‌و ئینساف بدەن‌و باوەڕ بکەن بەوە کە ئەم کتێبە کەلامی (غەیبی) پەنامەکییەو لە لایەنی پەروەردگارەوە بە فریشتەی هێمنا رەوانە کراوە بۆ پێغەمەرو ، بە هۆی ئەم باوەڕەوە خۆتان بپارێزن لە سەرکێشی کە هۆی عەزاب‌و ئازارە بە ئاگری دۆزەخ ئەو ئاگرە بەهێزە کە سووتەمەنییەکەی لە دۆزەخا ئادەمیزادی ناپاکی بەدخووی سەرکێش‌و بەردی گۆگردی ئامادە بۆ هەڵگیرسانە ٠ یا بەردی کانی ئەو ئاڵتوون‌و زیوەیە کە ئێوەی پێ بایی بوون ٠ یا ئەو بەردە دەس‌تاشانەیە کە ئارەزووی پڕو پووچ بۆی کردوون بە بت‌و ئەی‌پەرستن ٠

ئەو ئاگرە بە هێزە ئامادە کراوە بۆ بێ وره بێ ئینسافە سەرکێشەکان ؛ چونکە بیرو باوەڕی ناباری پایەدار هۆی ئازارە بە ئاگری سووزەندەی بەردەوام ·

رووناککردنەوەی ئەم ئایەتە :

ئادەمیزاد وردبێتەوە ئەزانێ ئەوەی بناغەی ئایینی ئیسلامە باوەڕە بە پەروەردگاری تەواناو بە پێغەمەری خودا · لە بەر ئەمە ئینسان کە باوەڕی وابوو خودایێکی تەوانا هەیە دان ئەنێ بەوەدا ئەتوانێ پێغەمەرێکی پایەبەرز هەڵبژێرێ لە ناو ئادەمیزاداو بیکا بە رەهبەر بۆیان · وە کاتێ باوەڕی کرد بەوە ئەو ئادەمیزادە داوای رەهبەری ئەکا راست ئەکا ئەمجار هەرچی ئەو فەرمانی پێبدا ئەکەوێتە دووی ·

لەم شوێنەدا لە ئایەتە پێشووەکانا پێنج دەلیلی هێنایەوە لە سەر بوونی پەروەردگاری گەورە ·

یەکەم : دروستکردنی نەفسی ئادەمیزاد کە یەکەم دەلیلی رووناکە بۆ ئەم مەبەستە ؛ چونکی ئینسان کە وردبووەوە : لە خۆیا ، لە پەیکەریا ، لە ئەعزاو هەستیا ، لە ئەجزای پەنامەکییا ، لەو هێزانەدا کە وا لە سەرو دەماخو چاوو گوێچکەو باقی هەستەکانا ، وە وردبووەوە لە هێزی پەنامەکی مەعدەو تەحلیلاتیا، وە وردبووەوە لە هێزی دڵو زانستو بیرکردنەوەیا · وە بیری کردەوە لە قابیلیاتی خۆیا کە ئەشێ بۆ ئەوە بگاتە پایەی فریشتە بە بیرو باوەڕی پاکو ، کائینات داگیر بکا بە پیشەو فەننی بەسوود · هەروا ئەشێ بۆ ئەوە ببێ بە دێو لە بیرو باوەڕی لارو

کردەوەی نابارا • ئەو کەسە کە بیر بکاتەوە لەمانەدا بێجگە لە باقی ئەحواڵیا وەکو: ساغیو نەخۆشیو شادیو غەمباریو بەرزیو نزمی پایەدا ••• بڕیار ئەدا کە خودایێکی پەروەردگاری زاناو تەواناى هەیە ئەم نەوعە تەسەڕڕوفە ئەکا لەودا •

دەلیلی دووهەم : دروستکردنی پێشینانی ؛ ئەمەیش لە لایەنی دروستکردنەوە دەلیلێکە وەکوو دەلیلی یەکەم هەروا گەلێ شتی تری تیا هەیە • مەسەلا : ئینسان وردبێتەوە ئەم پێشینانە گەلێ خوو و رەوشتیان بووە ئیستە لە نەتەوەکەیانا نیە • وە ئەو پێشینانە پایە بەرز بوونو ئەمان دانەویوون • وە یاخود ئەوان بێ پایە بوون وە ئەمان بە هۆی ئەسبابێکەوە ، کە بەس بە خودا ئەکرێ ، بەرز بوونەتەوە ؛ کوڕە شوان ئەبێ بە پاشا ، وەکوو نەزان ئەبێ بە زانا ، وە خانەدانی زانست ئەبن بە ماوای نەزانیو نەفامی • لە گەڵ ئەوەدا هەموو کەسێ هەوڵ ئەدا بۆ بەرزبوونەوەی خۆی پاش وردبوونەوە لەمانە باوەڕ ئەکا بەوە کە خودایێ هەیە لەسەر ئەساسی خواستی خۆی هۆی ئەم شتانە رێك ئەخاو ئادەمیزاد ئەخاتە سەر کۆشش بۆ ئەوەی کە ئەو ئەیەوێ جێبەجێ ببێ •

دەلیلی سێهەم : ئەم عەزرەیە کە خوای تەعالا دروستی کردووەوە کردوویەتی بە دراوسێی دەریای دەورە دەر ، وە رووی عەرزی بەرزکردووەتەوە بەسەر دەریادا بۆ ئەوەی هەمووی بە ئاو دانەپۆشرێ و ببێ بە ماوای ژیانی گەلێ گیان لەبەری خاکی • وە ئەم عەرزەی بەشبەش کردووە بە گوێرەی خواستی خۆی گەلێکی سارای وشکەو گەلێکی دەشتی بەراوە ، وە هەنێکی کێوانی بەرزو بە بارەن ، وە هەنێ شوێنی کانی

ئاڵتوون‌و زیوو نەوت‌و خوێ‌و ئاسن‌و گۆگردو قورقوشم‌و باقی کانەکانە ·· وە لە گەلێ شوێنی داری بارەدارو گوڵ‌و گوڵزاری داناوە . وە گەلێ شوێنی رووت‌و قووت‌و بێ سوودە ، وە گەلێ کات ئەم عەرزە جوانە لەبەر بێ‌بارانی وشك ئەکاتەوە وەکوو لەشی مردوو ، وە گەلێ کات بە هۆی بارانەوە ئەی رازێنێتەوەو چەن نەوع شتی بە سوودی لێ‌دەر ئەکا ·· هەروا لەسەر خواستی خۆی هەنێ وڵاتی خستووەتە مەنطیقەی ئیستیوائیییەوە بە غایەت گەرمە وە هەنێکی وا لە مەنطیقەی باکوري یا وەشتیەوە زۆر ساردە · وە گەلێکی لە ناوەنجی ئەمانەن وە میانەن · وە بە پێی ئەمانە رەنگ‌و شێوەی گیان لەبەرەکانی گۆڕیوە ·· ئەمانــە هەموو ئینسان وردی بکاتەوە ئەتوانێ پایەی هێزی پەروەردگاری پێ بدۆزێتەوە ·

دەلیلی چوارەم : ئەمەیە کە ئاسمانی دروست‌کردووە بە چەن پایە لە بەرزی‌و نزمی‌و ، هەر ئاسمانێ لەم ئاسمانانەی بە تایبەتی جیاکردووەتەوە بە گەلێ ئاثار ، وە ئەم رۆژو مانگ‌و ئەستێرەی زۆری رەنگامەی تیا سەرگەردان کردووە · هەر یەکێ لە سەر میحوەرێ ئەسوورێتەوە ، وە لەو رۆژەوە دروستی کردوون تا ئیستە بە ثانیەو کەمتر لە ثانیە ئەندازەی هاتووچۆیان نەگۆڕیوەو هەر کام لەمانە خەتێکی لە دائیرەی خۆیا وەرگــرتووە ·· وە رۆژی کردووە بە خزمەتکاری دارو گیاو ئادەمیزادو کردوویە بە هۆی نەش‌ونماو بە پایەگەیشتنیان‌و مانگی کردووە بە چرای شەو بۆ ئەو شوێنە رۆژی لێ ئاوا ئەبێ‌و ئەم ئەستێرانەی کردووە بە نیشانەی ئەوزاعی عالەم لە : گەرماو سەرماو هاتنی کاتی کشتوکاڵ · وە بە نیشانەی رێگەدۆزینەوە لە سارای پاناوەرو

دەریای بێ ئەمپەڕو ئەوپەڕا ، بە نـەوعێ تا ئینسان لێیـان بکۆڵێتەوە زیاتر سەرسام ئەبێ .

پێنجەم : ئەمەیە خودا بە خواستی خۆی لە ئاسمانەوە باران ئەبارێنێ بەسەر عەرزاو بە هۆی قابیلیەتی عەزرەوە چەن نەوع لـە داری بەردارو بێ بـەر ، وە هـەزاران نـەوع لە گیـای خواردەمەنی ، وە هەزاران بەش لەو زەراعەتە کە سوودی بۆ ژیانی گیاندار هەیەو بە کاری بەرگ‌و پۆشـاك دێت دروستی کردووە .

خودای تەعـالا لە قورئانی پیرۆزا بـەم شێوە رەهنموونی ئادەمیزاد ئەکا بۆ دۆزینەوەی پەروەردگار کە شێوەیێکی ئاسان‌و بەرچاوییەو نایەوێ ئینسان بکەوێتە ناو فەلسـەفەی دوورو درێژەوە کە عەقڵی هەموو کەس پێی ناگا .

وە بە شێوەی فەلسەفە ئەگەر ئەم کائیناتە بکەین بە دەلیل لە سەر بوونی زاتی پەروەردگاری (واجب الوجود) ئەڵێین : ئەوەی هەبێ یا (واجب الوجود)ە‌و بوونی پێویستی بە خاریجی نییە ، وە یا (ممکن الوجود)ە ، بەم مەعنایە بوون‌و نەبوونی یەکسانەو خوا بە خواستی خۆی بوونی یا نەبوونی بڕیار ئەدا .

لەسەر ئەم شێوە ئەم ئەجزای کائیناتە یا هەمووی بە (واجب الوجود) دائەنرێ ، یا هەمووی بە مومکین حسێب ئەکرێ ، یا بەشێکی بە (واجب الوجود)و بەشێکی بە مومکین . ناتوانین بڵێـین هـەمووی (واجب الوجـود)ە ؛ چونکی بە بـەراورد دەرکەوتووە ئەوەی دەستی پێ ئەگا داماوو رامی هێزەو ئامادەیە بۆ گۆڕاندن‌و هەڵسووڕاندن . وە نایشـتوانین بڵێین بەشێکی

واجب وه بەشێکی مومکینه ؛ چونکی هەموو ئەجزاکان له تەرکیبو پێکهاتن له ماده وەکو یەکن ، شتێکی وا به تەرکیب پێك بێ نابێ (واجب الوجود) بێ ٠

بێجگه لەمه هەموو عەرزو ئاسمانو رۆژو مانگو ئەستێرەکان هەر یەکێ بۆ ئیشێ رام بوون ، ئەو شتەیش کە موسەخەرو رام بێ بۆ هێز خزمەتکارەو خزمەتکراو نیەو دروستکراوەو دروستکەر نیه ٠ که وابێ ئەم کائیناته هەمووی مومکینه ٠ وه هەریەکی بە خواستی خوا بڕیار دراوه بۆ هەڵسووڕانو بەجێهێنانی ئیشێ ٠

پاش ئەوه خودای تەعالا دەلیلی لەسەر وجوودی خۆی هێناوه ، دەلیلی لەسەر پێغەمەرایەتی پێغەمەریش هێناوه ؛ (وان کنتم في ريب ٠ الآية) : بە کورتی ئەم دەلیله بریتیه لەمه پێغەمەری خودا (محمد المصطفى) ـدـ کەلامێکی له لایه کە له لایەنی هەموو ئادەمیزادەوه وێنەی دەست ناکەوێ ، وه هەر کەسێ وابێ خۆی پێغەمەری خودایەو کەلامەکەیش کەلامی خودایه ٠

جا بۆ ئیسباتی موقەددیمەی یەکەم خودا بانگ ئەکا له هەموو ئەو کەسانه که باوەڕیان نیه ئەو کەلامه کەلامی خودابێ بۆ ئەوه به هەر هۆیێ ئەتوانن بێن سوورەتێ دەربخەن که هاو وێنه بێ بۆ ئەم کەلامه که هاتوەته خوارەوه بۆ سەر پێغەمەری خودا ٠ وه بۆ خەبەردان به عاجزبوونیان لەم کاره به جوملەی (ولن تفعلوا) ئاگاداری کردوونەتەوه تا ئەمەیش ببێ به موعجیزەیێ تر بۆ قورئانی گەوره ٠

بۆ دەربڕینی ئەم باسه : له رۆژێکەوه قورئان هاتووەته خوارەوه دوژمنانی دینی ئیسلام ویستوویانه موعارەضەی قورئان

بکەن (مع انه) بە کەس نەکراوە ئەگەر نا لە دنیادا فاش ئەبوو وە باس ئەکرا • جا پاش ئەوە کە زانیمان قورئان موعارەضەی نەکراوە ئەڵێین : حاڵ لە دوو بەدەر نیە : یا قورئـــان قابیلە موعارەضە بکرێو خودا نەیهێشتووەو مەیدانی نەداوە بە دوژمنان موعارەضەی بکەن • وە یا خود هەر پایەی بەرزترە لەوە کە موعارەضەی بکرێتو موعارەضەی ناکرێت • ئەگەر باری یەکەمە ئەوە دەرکەوت کە خودا ئەیەوێ ئیسباتی گەورەییو پایەبەرزی قورئان بکا بۆ ئەوە ببێ بە موعجیزەیێکی عالەمی • وەکوو ئەوە کە بەهێزێکی پەنامەکی خودای تـــەعالا دەمو زمانی ئادەمیزاد بگرێت لەوە کە وتارێکی عادەتی بە دەمیانا بێت •

وە ئەگەر باری دووەمە ئەوە دوبارە عەینی مەبەستی ئێمەیە کە قورئان لە تەواناى ئادەمیزاد دەرچووەو کەلامێکی غەیبی قودسی وەهایە کە چاری ناکرێو وێنەی لە کەسەوە دەرناچێ • جا ئەو کەسانە کە بیرو باوەڕیان لەسەر ئەم باری دووەمەیە لە هۆی ئەم بەرزی پایەی قورئانەدا چەن شتێکیان دەربڕیوە •

یەکەم : ئوسلووبو شێوەی خاریجە لـ ەئوسلووبو شێوەی کەلامی ئادەمیزاد ؛ کەلامێ کـــە خاریجی ئوسلووبی طەبیعەتی ئادەمی بێ لە ئادەمییەوە دەر ناچێ •

دووەم : گەلێ کارەساتی غەیبی دەربڕیوە کـــە بە راستی هاتوونەتە جێو عەقڵی کەسیش ناگا بە کارەساتی غەیبییەدا •

سێهەم : گەلێ ئەسراری کائیناتی سەماویو عەرزی تیایە کە تا ئێستە ئادەمیـــزاد بە تـــەواوی تێی نەگەیشـــتووەو پێی نەگەیشتووە •

چوارەم : ئەم کەلامە بەس لە تەوحید وە ئەحکامو ئەخلاقو وەعدو وەعیدو گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئادەمیزادی لەمەوپێش ، وە بانگ‌کردنی ئادەمیزاد بۆ ئەندیشەی پاكو کردەوەی چاكو رەوشتی رووناك ئەدوێ ـ ئەم باسانەش بۆ ئەوە ناشێن کە ئەو کەلامە باسیان ئەکا زۆر بەزر بڕوا وە پایەدار بێ کەچی ئەم قورئانە زۆر پایەی بەرزە ٠

پێنجەم : هەرکەسێ کەلامی بەرزی هەبێ بە هۆی (موبالەغە) زیادەڕەوی‌و خیلافی واقیعەوە کەلامەکەی پایەی پەیدا کردووە ، کەچی قورئان بە بێ موبالەغەو زیادەڕەوی‌و خیلافی واقیع پایەی بەرزە ٠

شەشەم : هەر یەکێ لە ناودارانی شیعرو ئەدەب بە تایبەتی لە بابەتێکەوە بەرز بووە : وەکوو : بابەتی عەشقبازی ، یا شیربازی ، یا تاریف‌کردنی کەسێ . یا دەربڕینی ئامۆژگاری ٠٠٠ بەڵام ئەم کەلامە لە گەلێ باس ئەدوێ‌و لە هەموو باسەکانا پایەی بەرزی موعجیزەی هەیە ٠

حەوتەم : ئادەمیـزاد کـاتێ ئەتوانێ لـە باسێ بـدوێ یا خوێندبێتی بە دەرز ، وە یاخود لە دەمی خەڵکی بیستبێ ، یا شتێ بێ لە پایەی بیری خۆیا بێ ٠٠٠ بەڵام ئەو قورئانە باسی غەیبیات ئەکاو ، باسی رۆژو مانگ‌و ئەستێرەو دەریاو هەواو گۆڕانی ئەوزاعیان ئەکاو . باسی گـەلێ شتی وا ئەکا لە پایەی عەقڵی ئینسان بەدەرە ٠ کە وابێ ئەبێ ئەم کەلامە کەلامی خودا بێ ٠

هەشتەم : قورئان خاوەنی سۆزێکی نەفسی وەهایە کە رووحو دڵی گوێگر رام ئەکا ٠

نۆهەم : ئەم کەلامە لە دارِشتنی بەندەکانیا بە ئەوعێ دارای چاوێری حاڵی ئەوانەیە قسەیان لە گەڵدا ئەکا ، وە ئەوەندەی نوکتەی بەلاغەیی‌و ئەدەبی تیایە ئینسانی زانا لە پاش زانستی فەنی بەلاغە لەم کەلامەدا سەراسیمە ئەبێ ، وە عەقڵ سەری بۆ شۆرِ ئەکاتەوەو بۆی رِام ئەبێ ۰

دەهەم : ئەو یاسایە کە قورئان رێکی ئەخا بۆ دین‌و بو دنیا ، وە ئەو ئەحکامانە باسیان ئەکا لە هۆی ئیجتیماعیات‌و سیاسەو ئیدارەوە ، وە ئەو رێگـەیە نیشـانی ئـەدا بۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی ئیسلامی وەکوو راوێژو دادی کۆمەڵایەتی‌و موعامەلەو موناکەحەو میراث‌و غەیری ئەمانەیش ۰۰۰ بە قەطعی جێ‌بەجێ نابێ مەگەر بەهۆی مەجلیسێکی دامەزراو لە کۆمەڵێ خوێندەواری دنیادیدەو پێگەیشتووی چەرخەوە ، وە قەطعا بۆ تاقە کەسێ قابیل نیە ئەم یاسا دابمەزرێنێ ۰ کە وابێ ئەم کەلامە کەلامی خودایە ، وە ئەو کەسەیش ئەم کەلامەی بۆ هاتووە پێغەمەری خودایە (د) ۰

باسێکی عیلمی لە ئایەتی (وان کنتم في ريب ۰۰۰ الآية)

کەلیمەی (من مثله) یا بەسراوە بە جوملەی (فأتوا) وە ، یا خود صیفەتە لە بۆ (سورة) ۰ وە لە هەردوو بارەکەیا ضەمیری (مثله) یا ئەگەرِێتەوە بۆ (عبد) ، یا بۆ (ما نزلنا) ئەمە چوار یـار :

مەعنای باری یەکەم : ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلامەدا ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خۆمان ۰۰ بۆم بێنن لە وێنەی ئەم عەبدەوە تاقە سوورەتێك ۰

مەعنای باری دووەم : ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما بێنن لە وێنەی ئەوە کە ناردوومانەتە خوارەوە بە تاقە سوورەتێك ٠

مەعنای باری سێهەم : ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما تاقە سوورەتێکم بۆ بێنن لە وێنەی ئەم عەبدەوە ٠

مەعنای باری چوارەم : ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما تاقە سوورەتێکم بۆ بێنن لە وێنەی ئەم کەلامە کە ناردوومانەتە خوارەوە ٠

جا ئەو بارەی کە (من مثله) تیادا بەسرابێ بە جوملەی (فأتوا) وە ضەمیرەکەی بڕوا بۆ (ما نزلنا) ئەوە ئەگەیێنی وێنەی ئەم کەلامە هەیە واقیعا بەڵام ئێوە ناتوانن بیهێنن بۆ دەرخستنی بەرابەرکێ ٠ لەگەڵ ئەوەیشدا لە واقیعا وێنەی نیە کە وابێ ئەم بارە باش نیە ٠ سیڕڕی ئەمەیش ئەمەیە کە تەعجیز بە ئیعتیباری (مأتی بە) ئەبێ نەك بە ئیعتیباری (مأتی منە) وەکوو تەفتازانی لە شەرحی تەلخیصدا فەرموویەتی ٠

بەڵام سێ بارەکەی تری ئەم عەیبەیان تیا نیە (مع العلم) لەم بارانەیشا ضەمیری (من مثله) بۆ (ما نزلنا) بڕواتەوە بە هێزترە لەوە کە بڕواتەوە بۆ (عبد) ؛ چونکی ئەگەر بڕواتەوە بۆ (عبد) ئەوە ئەگەیێنێ وێنەکەی لە ئینسانێکی نەخوێندەواری وەکوو ئەم پێغەمبەرەوە دەست ناکەوێ ، بەڵام قابیلە لە خوێندەوارەوە دەست بکەوێ ٠ (مع العلم) لە چەن ئایەتی قورئانا هەیە کە وێنەی قورئان لە (انس) و (جن)ەوە دەست ناکەوێ ٠

﴿ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ ﴾ :

ئەی رەهبەری ئادەمیزاد موژدە بدە بەوانەی ئیمانیان هەیە بە فەرموودەی تۆو کردەوەی باش ئەکەن کە لە پاشەرۆژا چەن بەهەشتیان هەیە ٠ یەکەم صیفەتی ئەو بەهەشتانە ئەمەیە :

﴿ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ﴾ :

لە ژێری دارە بەیەکاچووەکانیانا جۆگەی ئاوی ساف رەوان ئەبێ ٠ وە دووەم صیفەتیان ئەمەیە :

﴿ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِنْ ثَمَرَةٍ ﴾ :

هەر کاتێ میوەیان بۆ بێ لەو بەهەشتانەوە ٠

﴿ قَالُوا : هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِنْ قَبْلُ ﴾ :

ئەڵێن : ئەم میوە ئەو میوەیە لەمەوپێش لە دنیادا پێمان ئەدرا ٠ یا خود ئەم میوە ئەو میوەیە کە جاری پێشوو لەم بەهەشتەدا بۆمان هێنرا ٠

﴿ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا ﴾ :

وە هۆی ئەم قسەشیانە ئەوەیە کە ئەو میوانە بۆیان دێنن لە وێنەیێکن ٠ ریوایەت کراوە لەو کاتەدا ئەم قسەیە ئەکەن ئەو فریشتەیە کە میوەکەیان بۆ دێنێ ئەڵێت : بخۆن رەنگیان یەکیکە بەڵام تامیان جیایە ٠

﴿ وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ ﴾ :

وە لەو بەهەشتانەدا هەر یەکێ چەن هاوسەرێکی وای هەیە

کە بە دەستی تەوانایی خودا پاك کراونەتەوە لە بەدسروشتی وە بەدڕەوشتی وە لەو عوزری شەرعیە کە بە سەر ژنانا دێت ٠

﴿ وَهُمْ فِيها خَالِدونَ ﴾ (٢٥)

وە لەگەڵ ئەم هەموو نازو نیعمەتەیشا لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە ٠

کاتێ خودای تەعالا دوڕووەکانی وێنەدار کرد بە وێنە رابوردووەکان کە لەوانا ناوی هەورەگرمەو بروسکەی برد کافرەکان رەخنەیان گرت وتیان : چۆن زاتی خودا بەو گەورەییە ناوی ئەم شتە سووکانە ئەبێنێ ؟ خودای تەعالا لە رەدیانا ئەمەی نارد :

﴿ إِنَّ اللهَ لاَ يَسْتَحيي أَنْ يَضْرِبَ مَثَلاً ما ، بَعوضَةً فَمَا فَوْقَها ﴾ :

بە راستی خودا باکی نیە لەوە ناوی وێنەیێ بهێنێ بۆ روونکردنەوەی مەبەستی خۆی ٠ خواه : ئەو وێنەیە مێشوولەیێ بێ ، یا شتێکی زلتر لە مێشوولە ٠

﴿ فَأَمَّا الَّذينَ آمَنُوا فَيَعْلَمونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ﴾ :

جا ئەو کەسانە کە خاوەن ئیمانن و بیرو باوەڕیان رووناکە ئەزانن ئەو وێنەکارییە ئیشێکی راستەو بەسوودەو لە خوداوەیەو مەبەست رووناککردنەوەی حەقیقەتە لە لای ئادەمیزاد ٠

﴿ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ : مَاذَا أَرَادَ اللّهُ بِهَٰذَا مَثَلاً ؟ ﴾ :

وە ئەوانەیش کە کافرو بێ ئیمانن‌و بیرو باوەڕیان تاریکە بە ئیستینکارەوە ئەڵێن : ئەوە خواستی خودا چییە بەم وێنەو وێنەکارییەو مەبەستی چییە ؟

﴿ يُضِلُّ بِهِ كَثِيراً وَيَهْدِي بِهِ كَثِيراً ﴾ :

جا بە هۆی ئەو وێنەکارییەوە خوا گەلێ کەس گومڕا ئەکا کە بیرو باوەڕیان تاریکە وە نایانەوێ دڵیان رووناك بکەنەوە ، وە گەلێ کەسیش شارەزا ئەکا بۆ حەقیقەت‌و رێگەی راست وە مەبەستی خۆی ٠

﴿ وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ ﴾ (٢٦)

وە گۆمڕا ناکا مەگەر ئەو کەسانە لە فەرمانی پەروەردگار دەرچوون ٠

﴿الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ﴾:

ئەو فاسقانە کە ئەو عەهدو پەیمانەی خودا لەگەڵ ئەوان‌و پێشینانی ئەوانا کردوویەتی بە هۆی پێغەمەریانەوە وە ئەو کتێبەی کە خودا ناردوویەتی بۆیان هەڵی ئەوەشێننەوەو رەفتاری پێ ناکەن لە پاش دامەزرانی ئەو پەیمانە ٠

﴿ وَيَقْطَعُون مَا أَمَرَ اللّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ ﴾ :

وە هەرچی خودا فەرمانی داوە بە بەجێ‌هێنان‌و چاوێری کردنی ئەی‌بڕن‌و تێکی ئەدەن ٠

﴿ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ ﴾ :

وه له عه‌رزا ئیفساد ئه‌که‌ن ، دڵی ئاده‌میزاد له خودا ناسین دوور ئه‌خه‌نه‌وه‌و دڵیان ده‌رباره‌ی یه‌کتر خراپ ئه‌که‌ن ، وه به‌رابه‌ر به ئارامی‌و ئاسایشی ئاده‌میزاد ئاشووب ئه‌نێنه‌وه‌و شۆڕش به‌رپا ئه‌که‌ن‌و فه‌رمانی خودا ئه‌گۆڕن به ئاره‌زووی نه‌فسی خۆیان ٠

﴿ أُولَـٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴾ (٢٧)

ئه‌و فاسقانه که ئه‌مه شێوه‌یانه هه‌ر ئه‌وانن زیانکردووی راستی له‌م جیهانه‌داو له جیهانی دواییدا ٠

روونکردنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌تانه :

(لا يستحي) : له‌سه‌ر ریواتی ئیبنوعه‌بباس ـ خ ـ کاتێ ئایه‌تی : (یا ایها الناس ضرب مثل فاستمعوا له) له سوره‌تی حه‌جدا نازڵ بوو ، وه خودا تانه‌ی دا له بتی کافره‌کان ، وه له پاشان عیباده‌تی بته‌کانی وێنه‌دار به خانووی (جاڵجاڵۆکه) کرد ٠٠ جووله‌که‌کان وتیان : مێش‌و جاڵجاڵۆکه قه‌دری ئه‌وه‌یان نیه خوا باسیان بکاو بیانکا به (مشبه‌به) !

وه له سه‌ر ریواتێکی تر دووڕووه‌کان تانه‌یان دا له (ضرب المثل) به ئاگری کراوه‌و به تاریکی هه‌ورو هه‌وره‌گرمه‌و بروسکه له ئایه‌تی (مثلهم کمثل الذی استوقد نارا) وه له ئایه‌تی (او کصیب من السماء) !

وه له‌سه‌ر هه‌نێ ریوایه‌تی تر ئه‌م تانه‌دانه له لایه‌نی کافره‌کانی قوره‌یشه‌وه بو ، جا خودا بۆ به‌تاڵکردنه‌وه‌ی تانه‌کانیان ئه‌م ئایه‌تانه‌ی نارده خواره‌وه ٠

(لا يستحي) ؛ حەيا : بریتیه لە گۆڕانو شکانی نەفس لە بیمی شتێ کە بە شوورەیی بژمێررێ ، بە کوردی شەرمکردن • بەڵام کە نیسبەت لە خودا بدرێ ئەبێ ئەم مانا نەگیرێ • بەڵکوو شتێ کە لەمە پەیدا ئەبێ وەکوو تەرکی ئەو ئیشە شوورەییە (مەثەلا) •

(امثال) : جەمعی (مثل)ە ، مەثەل بریتیە لە وتارێ دەلاڵەت بکا لەسەر شێوەیێ بوو بێ بە (مشبه به) بۆ شێوەیێکی تر وە بەکار بهێنرێ لە (مشبه)ەکەدا وەکوو (في الصيف ضيعت اللبن) ، کە وەختی خۆی بەکار هێنراوە لە ژنێکی بەرڵلاکـراوا ، وە پاش ئەوە بەکار ئەهێنرێ لە نیشاندانی شێوەی کەسێ کە لەو ژنەو شێوەی بچێ • وە ئەمثال لە رۆژێکەوە ئادەمیزاد بووە لە ناو هەموو کۆمەڵێکدا بەکار هێنراون ، وە بۆ پەندو ئامۆژگـاری ئادەمیزاد گەلێ بە سوودن •

(عهد الله) : پەیمانی خودا لەگەڵ ئادەمیزادا سیانە ؛ یەکەم: پەیمانێ کە لەگەڵ پێغەمەرانا کردوویەتی بۆ گەیاندنی فەرمانی ئەو بە ئادەمیزاد • دووەم : پەیمـانێ لەگـەڵ زانایـانی دینا کردوویەتی بۆ ئەوە ئایین ون نەکەن لە ئادەمیزادو بە ڕاستی ، بێ گۆڕاندن ، نیشانی بدەنو فەرمان بدەن بەوەی رەوایە ، وە هەرچی ناڕەوایە بە قەی دەسەڵات بچن بە گژیا ، بە دەست یا بە زمان یا بە دڵ ، وە خۆیشیان لەسەر فەرمـــانی خــودا خۆگرو دامەزراو بن • سێهەمیان : پەیمانێکە بە هۆی عەقڵو هۆشەوە لە گەڵیانا کراوە ؛ چونکی مادام خوا عەقڵی دا بە ئادەمیزاد مانای وایە هەتا ئەتوانن لە هۆی کارەساتی دینو دنیادا عەقڵ بەکار بێنن وە راوێژ بە ژیران بکەن وە ئەو نیشانانە کە خودای تەوانایان

پێ ئەدۆزرێتەوە تەماشای بکەن • هەروا ئەو نیشانانە کەوا بە سوودن بۆ باوەڕ بە ڕەهبەرانی عالەم بەکاربهێنرێن بۆ ئەوە کە ڕێگەی ڕاست ون نەکەن وە دووری بکەن لە بیرو باوەڕی زیاندەر وە لە ڕەوشتی ناپەسەند وە لە کردەوەی خراپ •

(فاسق) : بە مانا لە فەرماندەرچوو جارجار ئەوترێ بۆ کافر ؛ چونکی لە باوەڕ بە خوداو باوەڕ بە پێغەمەر دەرچووە • وە جارجار ئەوترێ بۆ موسوڵمانی تاوانبار لە بەر تەرکی واجبات ، ئەوەی پێویستە بیکا • وە کردنی ئیشی حەرام ، ئەوەی کە ناڕەوایە •

پاش ئەوە خوای گەورە باسی حاڵی کافرەکانی کرد ئەمجار بە شێوەی (التفات) رووی کردە هەموویانو فەرمووی :

﴿ كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللهِ وكُنْتُمْ اَمْواتاً ثُمَّ اَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ اِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ؟ ﴾ (٢٨)

ئەفەرموێت بە چ حاڵێ بە چ ڕوویەکەوە بەرابەر بە پەروەردگاری عالەم ئینکارو بێ باوەڕی ئەکەن ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە خۆتان ئەزانن لەمەوبەر تۆمێکی بێ گیان بوون لە لای باوكو دایکەوە ، وە خودا گیانی کرد بە بەرتانا ، وە لە پاشی هاتنی ئاکامتان ئەتانمرێنێ ، وە لە پاش مردنەکەیش ، لە پاشەڕۆژا ، زیندووتان ئەکاتەوە وەکوو لە دنیادا ، جا پاش ئەوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا وە ئەو حسێبی بیرو باوەڕو کردەوەتان لەگەڵا ئەکا وە هەر یەکێ حەواڵەی شوێنی خۆی ئەکا بۆ وەرگرتنی پاداشی چاکە یا خراپە •

روون‌کردنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته :

مه‌به‌س له‌م ئایه‌ته ئه‌مه‌یه : که ئاده‌میزاد چوار شت وا له ریگه‌یا ؛ یه‌که‌م : دروست‌کردنی ئه‌ووه‌ڵ جاری که له‌لای باوك‌و دایکیا تۆمێکی بێ گیان بووه · دووه‌م : له‌پاش ماوه‌یێ خوا گیانی به به‌را کردووه وه ده‌ری‌کردووه بۆ دنیا ، وه به گوێره‌ی ئه‌و شێوه بۆی ڕیکه‌وتووه ژیاوه تا کاتی ئاکـــام · سێهه‌م : گیان‌کێشـــان وه بـــۆ گۆڕناردن · چواره‌م : زیندووکردنه‌وه‌ی ڕۆژی ڕه‌ستاخێز که به دروست‌کردنێکی ڕه‌سا وه‌کوو له دنیادا ، به‌ڵکو باشتر ، دروست ئه‌کرێته‌وه ، ئه‌مجار پاداشی بیرو باوه‌ڕو کرده‌وه‌ی ژیانی ده‌ست ئه‌که‌وێ · ئه‌م شتانه سیانیان دیارین بۆ هه‌موو که‌س · وه هه‌رکه‌سێ هۆش‌و شوعووری ساغی ببێ ئه‌زانێ ئه‌و په‌روه‌ردگاره ئه‌و سێ شته‌ی پێ‌کرا ئیشی چواره‌میشی پێ ئه‌کرێت ؛ چونکی به عه‌قڵ ئه‌زانێ ئه‌و سێ کاره‌ساته‌ی له خۆوه نه‌بووه ، وه له هێزێکی بێ‌شوعوورو نه‌زاناو نه‌فامیش نه‌بووه ، به‌ڵکو له هێزێکی نه‌بڕاوه‌ی زاناو ته‌واناوه روویان داوه · ده‌ی ئه‌و خاوه‌ن هێزه‌ی ئه‌وانه‌ی کردووه ئه‌شتوانێ دووباره زیندووی بکاته‌وه ، وه به پاداشی خۆی بگات ·

ئیمام فه‌قری رازی ئه‌فه‌رموێت : هه‌نێ که‌س وتوویانه : له‌م ئایه‌ته‌وه ده‌رئه‌که‌وێ که زیندووبوونه‌وه‌ی گۆڕ نیه ؛ چونکی خودای ته‌عالا دوو زیندووکردنه‌وه‌ی باس کردووه بۆ ئاده‌میزاد · یه‌که‌م بۆ ژینی دنیا ، دووه‌م بۆ ژینی پاشه‌ڕۆژ · وه وه‌ڵامی ئه‌م شوبهه ئه‌مه‌یه : پێویست نیه هه‌موو مه‌به‌ستێ له هه‌موو ئایه‌تێکا هه‌بێ · مادام ده‌لیلی خاریجی هه‌یه بۆ زیندووبوونه‌وه‌ی گۆڕ باس‌نه‌کردنی له‌م شوێنه‌دا زیانی نیه · یانی گه‌لێ فه‌رمووده‌ی

پێغەمەر (د) زیندووبوونەوەی گۆڕ ئەکەیەنن ، وە باسی خۆشیو ناخۆشی گۆڕ لە گەلێ فەرموودەیا دیارە • ئەمەیش بۆ ئیسباتی ئەم مەبەستە بەسە •

من ئەڵێم : لەسەر وردەکاری زانایانی دین زیندووبوونەوەی پاش گیاندەرچوون وە پێش هاتنی رۆژی قیامەت زیندووبوونەوەی (بەرزەخ)ییە ، وە ئەوەیش بریتیە لە پەیوەندی رۆح بە مردووەوە وە وەرگرتنی خۆشیو ناخۆشی وەکوو ئینسانی نووستوو خەو ئەبینێ وە لە خەوەکەیا وا ئەزانێ (مەثەلا) کە لەگەڵ دۆستانیا لە باخێکا یا لە خانووێکا بە خۆشی رائەبوێری ، وە یاخود لە ژێر دەستی دوژمنێکدا داماوە وە ئازار ئەدرێ وە زەجرو داخ ئەکرێ • لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانە وان لە لای نوستووەکە هیچ جموجووڵێ یا نیشانەی شینو شادی لێوە نابینن • بە کورتی زیندووبوونەوەی بەرزەخ نەوعێکی تایبەتیە وە جیایە لە زیندووبوونەوەی راستەقینەی رۆژی قیامەت •

وە ظاهیری ئایەتی : (أغرقوا فأدخلوا نارا) کە لە باسی کۆمەڵی (فیرعەون) دایە ئەمەیش هەر لە پاش ئەوە لە دەریای (نیل)دا خنکان خودا خستنیە ئاگرەوە • دیارە ئەو ئاگرەیش ئاگری رۆژی قیامەت نیە • کە وابێ ئەبێ ئاگری ئازاردانی ماوەی بەرزەخ بێ • هەروا ئایەتی : (النار يعرضون عليها غدوا وعشيا ، ويوم تقوم الساعة ادخلوا آل فرعون اشد العذاب) • دەری ئەخا •

﴿ هُوَ الَّذي خَلَقَ لَكُمْ مَا في الأَرْضِ جَميعاً ﴾ :

هەر ئەو پەروەردگارە کە ئێوەی دروستکردووە هەرچی

بەش‌و بارەو نـــازو نیعمـــەتی عـــەرزە هـــەمووی بۆ ئێـــوە دروست‌کردووە ، تا هەر کەسێ بە قەی شانی خۆی لە زانست‌و پیشەو صنعەت وە کردەوەو کۆششی خۆی سوودی لێ وەربگرێ لەسەر یاسای ئایینی خودایی ٠

﴿ ثُمَّ اسْتَوىٰ إِلَى السَّمَـــاءِ فَسَويٰهُنَّ سَبْعَ سَمٰواتٍ ﴾ :

پاش ئەوە کە عەرزی دروست کرد ، خواستی رووی کرد بۆ دروست‌کردنی ئاسمان‌و دروستی کردن بە حەوت ئاسمان کـــە درێژەی شێوەو نیشانەیان هەموو حەواڵەی عیلمی خودایە ٠

﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيءٍ عَلِيمٌ ﴾ (٢٩)

ئەو خودایە کە ئەمانەی کردووە هەر ئەوە بە هەموو شتێ زانایەو ئەتوانێ لەسەر زانست‌و خواستی خـــۆی ئەنواعی شت دروست بکا ٠

﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّـكَ لِلْمَلٰئِكَةِ إِنِّي جَاعِـــلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ﴾ :

ئەی رەهبەری خۆشەویست ! باسی ئـــەو وتارانە بکە بۆ ئادەمیزاد لەو کاتەدا کە خوا فەرمووی بە فریشتەکان ئەمەوێ لە عەرزا جێ‌نشینێ دابنێم کە هەموو ئیشێکی چاک‌و خراپی پێ بکرێ ٠

﴿ قَالُوا : أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ ؟ ﴾ :

فریشتەکان عەرزی بارەگای خودایان کرد : پەروەردگارا !

سیرڕو کاکڵەی چیە تۆ لە عەرزا گەلێ دروست ئەکەی کە چاگەو خراپەیان پێ بکرێو هەڵکەوێ لێیان هەنێ کەسی وا کە ئیفساد بکا لە عەرزا کردەوەی ناڕەوا بکاو خوێنی بێ تاوان بڕێژێ ؟!

﴿ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ ﴾ :

وەلحال ئێمە گەلێکین بە دەوام ئامادەین بۆ تەسبیحی زاتی تۆ بۆ بەیانی گەورەییو پاکی تۆ لە عەیبو نەقص لەگـــەڵ سوپاسو ستایشا ٠

﴿ وَنُقَدِّسُ لَكَ ﴾ :

وە هەمیشە نەفسی خۆمان پاك ئەکەینەوە لە تاوان لە بەر خاطری تۆ وە لە بەر ڕەزای تۆ ٠

﴿ قَالَ : إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ (٣٠)

خودا لە وەڵامیانا فەرمووی : من گەلێ ئەسراری وا ئەزانم ئێوە نایزانن‌و گەلێ حیکمەت هەیە لە دروستکردنی ئادەمیزادا ٠ جا بۆ دەربڕینی گـــەورەییو پایـــەی ئادەمیزاد خـــودای تەعالا حـــەزرەتی ئادەمی دروست کـــرد ، وە حـــازری کـــرد لە نـــاو فریشتەکانا ٠

﴿ وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا ﴾ :

وە بە (الهام) خستنەناو دڵەوە وە یا بە دروستکردنی عیلمو زانستی ناچاریو بێ حەولو کۆشش ناوی هەموو ئەو شتانە کە لە عەرزا یا لە ئاسمانا بوون یاخود لە پاشا پەیدا ئەبن نیشانی ئادەمی دا ٠

﴿ ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى المَلٰئِكَةِ ﴾ :

پاش ئەمە وێنەی خاوەنەکانی رانواند بە سەر ئادەم و فریشتەکانا ·

﴿ فَقَالَ : اَنْبِئُونِي بِاَسْماءِ هٰؤُلاءِ اِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ! ﴾ (٣١)

فەرمووی بە فریشتەکان : خەبەردارم بکەن لە ناوی ئەو شتانە کە وێنەیان حازرە لە لاتان ، ئەگەر راست ئەکەن کە خۆتان بەکاری جێگیری دێن !

﴿ قَالُوا : سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا اِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا ، اِنَّكَ اَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴾ (٣٢)

فریشتەکان عەرزیان کرد : پەروەردگارا ! تۆ دووری لە کاری بێ حیکمەت . وە ئێمە ئاگامان لە هیچ نیە مەگەر ئەوەی کە تۆ نیشانت داوین ، هەر تۆ خۆت زانای بە هەموو شتێ ، وە هەر تۆ خاوەن حیکمەتی لە هەر کارێکا ئەیکەی وە کەس رایەی ناکەوێ قسەی تیا بکا ·

﴿ قَالَ : يَا آدَمُ اَنْبِئْهُمْ بِاَسْمائِهِمْ ﴾ :

جا خودا بۆ دەربڕینی پایەی حەزرەتی ئادەم فەرمووی : ئەی ئادەم ناوی ئەو خاوەن وێنانە بڵێ بە فریشتەکان ·

﴿ فَلَمَّا اَنْبَأَهُمْ بِاَسْمَائِهِمْ ﴾ :

کاتێ ئادەم خەبەری دا بە فریشتەکان ·

﴿ قَالَ : أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمٰوَاتِ وَالْأَرْضِ ؟ ﴾ :

خودا فەرمووی پێیان : پێم نەوتن کە من هەموو شتێکی پەنامەکی لە ئاسمانو عەرزا ئەزانم ؟

﴿ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ ؟ ﴾ (٣٣)

وە ئەوەی ئێوە دەری ئەبڕنو ئەوەیش دەری نابڕن من ئەیزانم ؟

ئەوەی پێویستە لەم شوێنەدا بزانرێت :

یەکەم : وەکوو خودا ئادەمیزادی دروستکردووە لە خاك هەروا فریشتەو پەریشی دروست کردووە • فریشتە : جیسمی لەطیفو ناسکن ، وە بە چاو نابینرێن ، مەگەر بە شێوەی خاریجی عادەت • وە ئەم گرۆهە نێرو مێیان نیە • وە بە نەتەوایەتی پەیدا نابن ، بەڵکوو بەس بە فەرمانی خودا پەیدا ئەبن • وە هەموو بێ تاوانو بێ گوناحن ، وە لە فەرمانی خوای تەعالا دەر ناچن •

وە پەری (جن) ئەوانیش هەر جیسمیان لەطیفە ، وە لە ئاگر دروست کراون ، بەڵام ئەوان نێرو مێیان هەیە ، وە بە نەتەوایەتی پەیدا ئەبن ، وە تاوانبارو بێتاوانیان هەیە وەکوو ئادەمیزاد • ئەمانیش بە شێوەی خاریج لە عادەت نەبێ کە دەرئەکەون بۆ پێغەمەرانو رەهبەران بۆ کەس دەرناکەون ، وە فریشتەو پەری ئەتوانن خۆیان بنوێنن بە چەن شێوەو قەوارە ، بەڵام فریشتە لە شێوەی شتی پاکا دەرئەکەون ، وە پەری بە شێوەی پاكو پیس خۆیان دەر ئەخەن •

دووەم : ئەم باسە باسی نیعمەتێکی گەورەی خودایە لە سەر ئادەمیزاد کە ئەوانی هەڵبژاردووە بۆ جێداری خۆی ، وە باوکی ئەوانی کردووە بە مامۆستا بۆ فریشتەکان ، وە فەرمانی داوە بە فریشتە تەعظیمی بکەن وە دان بنێن بە پایەبەرزییا ۰

سێهەم : ئەم باسە باسێکی غەیبی وە ئیشارەتێکە بە بناغەی دروستکردنی ئادەمیزاد ۰ وە باسی ئـــەوەی نەکردووە ئەو فریشتانە خودا قسەی لەگەڵا کردوون هەموو فریشتەکانن ، یا فریشتە نزیکەکانی بارەگای خۆی ۰ هەروا ناوی ئەوەی نەبردووە ئەم وتارە بە شێوەی وەحیو ئیلهـــام بووە بۆ یەکــە یەکەی فریشتەکان ، وە یاخود ئەمری کردووە حازر ببن لە شوێنێکا وە بە وێنەی وتارێ لەگەڵ (موسی) ـ کلیم الله ـ دا قسەی لەگەڵ کردوون ۰۰ ـ بناء علیه ـ ئەم ئەوزاعە هەمووی حەوالەی عیلمی خودایەو ئێمەمەجالی قسەمان نیە تیایا ۰

چوارەم : ئەم وتارو قسەیە لەگەڵ فریشتەکان هەر بۆ ئەوە بوو کە پایەی حەزرەتی ئادەم ـ علیه السلام ـ دەربخا لە لای فریشتەکان ۰ وە فەرمان بدا بە گەورە تەماشای بکەن ۰ ئیتر بۆ ئەوە نەبوو کە خودا راوێژ بکا لەگەڵ فریشتەکانا ؛ چونکی خودا بالایە لەم خەیالاتەو خۆی چی بوێت ئەیکا ، وە کەس لە ئیشی ئەودا مەیدانی قسەو باسی نیە ۰

پێنجەم : ئەم پرسیارە کە فریشتەکـــان کـــردیان لە رووی رەخنەگرتنەوە نەبوو لە خودا ، وە یا خود لە سەر ئەساسی خراپە وتنی ئادەمیزاد نەبوو ؛ چونکی ناوبردنی گرۆهێ بە خراپە لە پێش دروست کردنیانا مەعقوول نیە ۰ بەڵکوو پرسیار بوو لە

سیرڕو حیکمەتی دروستکردنیان لە پاش ئەوە حاڵی بوون کە ئادەمو ئادەمیزاد ئەکرێن بە (خليفة الله) لە عەرزا • لەسەر ئەم ئەساسە کە خەلیفە بە مانا جێدارو جێگرو نوماینده‌یە ، وە گورۆهێ پایەی جێدارییان ببێ پێویستە دارای زانستو خواستو تەوانایی بن وە گۆیاو شنەواو بینا بن . وە لە صیفەتی خواستەوە شەهوەتو ئارەزوو بازی پەیدا ئەبێ ، وە لە صیفەتی تەوانایی غەزەبو رکئگرتن دەر ئەچێ . وە کەسێ دارای ئارەزووبازی ئالۆزی بێ گەلێ ئیشی ناڕەوای لێ دەرئەکەوێ • ئیتر ئەوەیان تەماشا نەکرد کە قابیلە بە عیلمو عەقڵ ئەم صیفەتی ئارەزووبازیو ئالۆزییە بێتە سەرباری میانەکاری • هەروا تەماشای ئەوەیان نەکرد هەرچەن ئەم گورۆهە شتی ناڕەوایان لێوە دەرئەکەوێ گەلێ رەهبەرو رەهنومای خاوەن پایەو مایەیشیان لە ناوا ئەبێ وە لەگەڵ بوونی ئەم زاتە بەرزانە تەماشای پەستی هەنێ ئەفراد ناکرێت •

بە هەر حاڵ پرسیارەکەیان داوای دەرخستنی حیکمەت بوو ، وە خودایش بەو زانستو ماریفەتە دای بە حەزرەتی ئادەم دەری خست لە فریشتەکان کە ئەم گورۆهە خاوەن پایەن وە گەلێ حیکمەت لە دروستکردنیانا هەیە •

وە لە رووی راستیا خودا ویستی حەزرەتی ئادەم وە نەتەوەی دروست بکا وە جیهان بە پیرۆزی رەهبەران بە تایبەتی پیرۆزی فەخری عالەم (د) موشەڕڕەف بکا ، ئەگەرنا ئادەم بەبێ ئیلهامو نیشاندان لە لایەنی خوداوە ئەو ناوانەی نەدەزانی • وە ئەگەر خودا بیویستایێ وەکوو تەعلیمی ئەوی کرد تەعلیمی

فریشتەکانیشی ئەکرد . وە ئەو پایە کە دەستی ئەو کەوت دەستی ئەمانیش ئەکەوت · (فله الحکم والامر) ·

شەشەم : لەسەر ظاهیری ئایەتەکە ئەبێ لوغات تەوقیفی بن ، یانی : هەموو زمانێ لە لایەنی خودای تەعالاوە نیشان دراون بە ئادەم · وە ئەمە بیری زورمەی زانایانی ئوصوولە ·

وە هەنێ لە زانایان ئەڵێن : زمانەکان لە دەسکار وە دانانی ئادەم خۆیەتی وە مانای تەعلیمی ئادەم ئەمەیە کە خودا هێزێکی قودسی لە دڵی ئادەما دروستکردووە وە دڵی رووناك کردووەتەوە بۆ ئەوە بۆ هەموو شتێ ناوێ دابنێ ·

هەنێ تر لە زانایان ئەڵێن ناوی ئەشیا دوو بەشە ؛ یەکەم : ئەوەی کە زۆر پێویست بێ بۆ بەکارهێنان ، ئەم بەشەی موباشەرەتەن خودا نیشانی ئادەمی داوە · دووەم : ئەوانەی کە زۆر پێویست نین · ئەم بەشەی دانراوی ئادەم وە نەتەوەی ئادەمە لە سەر پێویستی خۆیان ·

وە لەسەر ئەم مانایە ئەبێ ئەو عومومە لە ئایەتەکەدا عومومی عورفی لێ بگیرێت · لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم دوو بیرە دوورن لە زاهیری ئایەتەکەوە ·

﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلمَلَئِكَةِ : اسْجُدُوا لآدَمَ ﴾ :

باسی ئەو کارەساتە بکە رووی دا لەو کاکەتەدا کە پایەی قەدرو خۆشەویستی ئادەمم دەربڕی دەرفەتمان دا بە فریشتەکان سوجدەی حورمەت ببەن لە مامۆسای زاناتان (ئادەم) ·

﴿ فَسَجَدُوا إِلاَّ إِبْلِيسَ ﴾ :

ئەوانیش هەموو سوجدەیان بۆ برد مەگەر شەیتان ·

﴿ أَبىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكانَ مِنَ الْكافِرِينَ ﴾ (٣٤)

ئەو سەرپێچی کرد لە فەرمانەکەمان ، وە خۆی بە زلتر زانی لە ئادەم ، وە بە هۆی ئەم سەرکێشیەوە لە باری فەرمانبەریو ئیمانەوە بۆ باری کافرێتیو نافەرمانی ·

﴿ وَقُلْنَا : يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ ﴾ :

پاش ئەوە شەیتان سەرپێچی کرد لە فەرمانی ئێمە وە دوژمنایەتی خۆی دەربڕی لەگەڵ ئادەما فەرمانمان دا بە ئادەم پێمان وت : خۆتو هاوسەرت (حەواء) لە بەهەشتا سەقامگیر ببن ·

﴿ وَكُلا مِنْها رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا ﴾ :

وە لە خواردەمەنی خۆشی بەهەشت بخۆن تێرو تەسەل لە هەر شوێنێکا دڵخوازتانە ·

﴿ وَلا تَقْرَبَا هذِهِ الشَّجَرَةَ ﴾ :

بەس نزیکی ئەم داری گەنمە مەکەون ، وە لە دانەکەی مەخۆن ·

﴿ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ (٣٥)

ئەگەرنا ئەبن بەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردووە ·

﴿ فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا ﴾ :

که شەیتان بەمەی زانی بە دەستو برد وتو ویرەی خستە ناو دڵی ئادەمو هاوسەرەکەیەوە ، وە لە بەری ئەو دارەی پێ خواردن ، وە ئەمە بو بە هۆی ئەوە کە ئادەمو هاوسەرەکەی گیرۆدە ببن .

﴿ فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ﴾ :

وە ئادەمو حەوای دەرکرد لە بەهەشت وە لەو نازو نیعمەتو ئاسایشە کە تیایا بە ئارامی ئەژیان .

روونکردنەوەی ئەم ئایەتانە :

یەکەم : هەموو زانایانی دین لە سەر ئەوەن ئەم سوجدەیە کە فەرمان درا بە فریشتەکان بیبەن لە ئادەم سوجدەی قەدرگرتنو حورمەت بووە نەك سوجدەی عیبادەتو بەندەیی . وە ئەو نەوعە سوجدە لە هەموو ئایینە قەدیمەکانا رابوردووە .

دووەم : بیری زۆرمەی ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەسەر ئەوەیە کە پێغەمەرانی ئادەمیزاد لە فریشتە گەورەترن لە بەر چەن هۆیێ ؛ یەکەم : ئادەم زاناتر بووە لە فریشتەکانو زانا لە نەزان گەورەترە . دووەم : ئادەم بوو بە مامۆستای فریشتەکان وە مامۆستا لە شاگرد قەدری بەرزترە .

سێهەم : خودای تەعالا فەرمانی بە فریشتە دا سوجدە ببەن لە ئادەم ، وە ئاشکرایە ئەوانەی سوجدەی ئیحتیرام ئەبەن لە کەسێ لەو کەسە پایەیان کەمترە .

چوارەم : خودای تەعالا ئادەمی کرد بە خەلیفەی خۆی ، وە فریشتەی نەکرد بە خەلیفە . وە پایەی خەلافەت پایەیەکی بەرزترە لە پایەی غەیرە خەلیفە ٠

پێنجەم : عیبادەتی ئادەمی گرانترە لە عیبادەت کردنی فریشتە ؛ چونکە ئادەمی گیرۆدەی ئارەزووی نەفس وە صیفاتی وایە مانیعی عیبادەتن ، وە رێگەی وەسوەسەی شەیتان لە سەر ئادەمی هەیە ، وە فریشتە نە ئارەزووی نەفس وە نە باقی صیفاتی مانیعە وە نە رێگەی وەسوەسەی شەیتان لە سەریان هەیە ٠ شەشەم : خودا فەرموویەتی : (ان الله اصطفی آدم ونوحا وآل ابراهیم وآل عمر ان علی العالمین) ؛ ئەم ئایەتە نیشان ئەدا کە ئەم زاتانە لە عالەم گەورەترن وە عالەم (ما سوی الله) یە فریشتەیش ئەگرێتەوە ٠ حەوتەم : خودا لە شانی حەزرەتی محەمەدا (د) فەرموویەتی : (وما ارسلناك الا رحمة للعالمین) وە لەسەر قسەی پێشوو دەر ئەکەوێ کە حەزرەت هۆی رەحمەت بووە بۆ فریشتەیش وە ئەوانیش لەو رەحمەتە سوودیان وەرگرتووە ٠

سێهەم : زۆرمەی زانایان بیریان لە سەر ئەوەیە (ابلیس) فریشتە نەبووە ، بەڵکوو لە گورۆهی (جن)ە ، وەکوو صەریحی ئایەت ئەڵێت : (کان من الجن ففسق عن امر ربه) ، وە فەرمانی سوجدە بردن لەبەر ئەوە بۆ ئەویش بووە چونکی لە ناو فریشتەکانا بووە ٠ وە ئەگەر فریشتە بوایێ سەرکێشی نەدەکرد ؛ چونکی خودا لە شانی فریشتەکانا فەرموویەتی : (لا یعصون الله ما امرهم ویفعلون ما یؤمرون) ، وە لە ئایەتێکی ترا بە

زمانی ئیبلیسەوە ئەڵێت : (خلقتنی من نار وخلقته من طین) ، وە فریشتە لە نوور دروست کراون نەك لە ئاگر ٠

چوارەم : (شجره) لە ئایەتەکەدا لە سەر تاقیقی گەلێ زانایان گیای گەنم بووە ، وە هەر گیایێ ساقی ببێ لە زمانی عەرەبا بە شەجەرە ناو ئەبرێ ٠ عەلاوە دوور نیە گیای گەنم لە بەهەشتا بەرزو گەورە بووبێ بە نەوعێ کە ناو ببرێ بە (شجرة)٠

پێنجەم : وەسوەسەی شەیتان بۆ دڵی ئادەمو حەوواء لە دەری بەهەشتەوە بووە ؛ چونکی پاش ئەوە شەیتان سەرکێشی کرد لە سوجدە بردن بۆ ئادەم لە بەهەشت دەرکرا ٠ بەڵام لەسەر ئەو هێزە خودا داویە بە شەیتان ئەتوانێ لە هەر شوینێکەوە ئارەزوو بکا وەسوەسە بگەیێنی بە هەرکەسێ ئارەزوو بکا ٠ بەڵام هەنێ زانایان فەرموویانە : شەیتان رۆیشتووەتە بەهەشت وە لە بەهەشتا دڵی ئادەمو حەووای تێکداوە ، وە ئەو دەرکردنەی پێشوویە لە سەر ئەساسی ئەوە بووە بە حورمەتەوە نەماوە لە بەهەشتا ؛ بەڵام ئەمە مانیع نیە لە هاتووچۆی بێ حورمەتانەی بۆ ئەو شوێنە کە زوو بە حورمەتەوە تیایا بووە وە ظاهیری ئایەتی (قلنا : اهبطوا) ــ بە جەمع ــ بۆ ئەم بیرە موناسبەو پێویستی بە تەئویل نیە ٠

ئەگەر یەکێ بڵێ : بە ظاهیری ئایەتی (ان عبادی لیس لك علیهم سلطان) نابێ شەیتان بتوانێ زاڵ ببێ بە سەر زاتێکا کە وێنەی ئادەم بێ ! وەڵامی ئەمەیە : مەبەس لەو سولطانو زاڵبوونە گومڕاکردنی عەبدێ بە نەوعێکە لە ئایین دەری‌کا نەك

زاڵ بوون بە سەرخەیاڵات خستنە ناو دڵەوە ئەمــە بۆ هەمــوو ئادەمیزادێ مومکینە •

شەشەم : بیری زانایانی دیــن زورمەی لەســەر ئەوەیە کە پێغەمەران مەعسوومن ؛ بەم مانا لە پاش پێغەمەرایەتی نابێ تاوانی گەورەو ناباریان لێ دەرکەوێ نە بە عەمدو مەبەست نە بە سەهو ، هەروا نابێ تاوانی بچووکیشیان بە عەمدی لێ پەیدا ببێ •

ئەگەر یەکێ بڵێت : ئەی چۆن حەزرەتی ئادەم بە فەرمانی خودای کرد ؟ وەڵامی ئەمەیــە : حــەزرەتی ئادەم لەو کاتــەدا نەکرابوو بە پێغەمەر ، وە بەهەشت شوێنی تەشریعو تەکلیف نیە ، وە ئەو ئەمرو نەهیە کە خودا کردی لە ئادەم ئەمرو نەهی تەشریعی نەبووە بەڵکوو ئەمرو نەهی تەئدیبیو ئیرشادی بوونو ئایەتی (وعصى آدم ربه فغوى) مانای دەرچوونە لە فەرمانی تەئدیبیو ئیرشادی • زیاد لەمەیش خواردنی ئادەم لەو دارە لەسەر فەرامۆشکردنی فەرمان بوو ، وەکــوو خــودا فەرموویەتی : (فنسى ولم نجد له عزما) •

(بناء عليه) هەر شتێ لەم بابەتە نیسبەت لە هەر پێغەمەرێ درابێ یا نیسبەتەکەی لەسەر نەقڵی راست نیە ، وە یا لە پێش زەمانی پێغەمەریدا بووە ، وە یاخود ئەو شتە صەغیرەی سەهوی بووە ، نەك کەبیرە وە نە صەغیرەی عەمدییە •

حەوتەم : ئەو جەننەتە کە خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی لە گەڵ حەووادا تیا داناوە ئەو بەهەشتەیە کە مەشهوورە لە ناو موسوڵماناو خودا تاریفی کردووە لە قورئانا بەو شێوە گوشادە

بە قەی ئاسمان‌و عەرز ، وە بە مەذهـــەبی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت لە گەڵ دروست‌کردنی دنیادا دروست کراوە ، وە ئیستە هەیە • هەر وەها دۆزەخ هەم دروست کراوەو ئیستە هەیە • وەکو لە (صەحیحی بوخاری) شەریفدا ریوایەت ئەکا لە کیتابی مەواقیتی صەلاتا لە (انس)ەوە خوای لێ رازی بێ ، کە ئەفەرموێ: بەهەشت‌و جەهەننم نیشانم دران ئێستە لە تەنیشتی ئەو دیوارەوە •• (الحدیث) وە دەلیل لە سەر ئەمە چەن شتێکە •

یەکەم : وشـــەی (الجنة) لە عورفی عامی موسوڵمانانا لە کاتی هاتنەخوارەوەی قورئانا ئەو بەهەشتە مەعلوومە دیاریەتانێ کە وادەدراوە موسوڵمانی تێ‌بچێ لە پاشـــەرۆژا • وە لە پێش پەیدابوونی ئەهلی (بیدعە)دا وە کوو (معتزلە)و (ئەبوو موسلیمی ئەصفەهانی) و غەیری ئەمانە •••

دووهەم : لە پێش ناوبردنی (الجنة) باسی بەهەشتی (دار الثواب) کراوە ، وە بە ئوصوولی عیلمی ئەم جەننەتەیش هەر یارۆی پێشووە •

سێهەم : ظاهیری ئاسار دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکا کە مەپەس ئەو بەهەشتە بێ •

چوارەم : ئەو نیزاعە کە لە ئەحادیثی صەحیحەدا ریوایەت کراوە کە واقیع بووە لە بەینی موساو ئادەمدا (علیهما السلام)کە عەرزی کردووە : بۆچی بە حیلەی ئیبلیس کارێکی وات کرد لە بەهەشت دەرچی ؟ وە ئەویش جوابی داوەتەوە •

پێنجەم : ئەو نیشانانە کە لە قورئانا لە سوورەتی (طاها) دا بەیان کراوە کە خودا پێی فەرموو : (ان لك الا تجوع فیها ولا

تعری وانك لا تظمأ فيها ولا تضحی) واته به راستی بۆ تۆ هه‌یه ئه‌ی ئاده‌م كه برسی نه‌بی له به‌هه‌شتا وه رووت نه‌بی له به‌رگ‌و پۆشاك وه تینو نه‌بی تیایا وه گه‌رمای رۆژ لێت نه‌دا ؛ چونكی له باغه‌كانی دنیادا هــه‌ر باخێ ببێ وه لــه هــه‌ر ئیقلیمێ له ئیقلیمه‌كانا هه‌ڵكه‌وێ ئه‌وانه نیه كه ئه‌م ته‌عریفانه‌ی تیا بێته جێ ؛ چونكی حه‌زره‌تی ئاده‌م مادام له دنیادا بێ وه له سه‌ر عه‌رزا له هه‌ر باخێكا ببێ له سه‌ر صیفه‌تی نه‌ته‌وه‌كه‌ی خۆی برسی‌و تینو ئه‌بێ وه رووت‌و قووت ئه‌كه‌وێ ، وه گه‌رمای رۆژ لێی ئه‌دا له واقیعا ئینسان له هه‌ر مه‌نطیقه‌یه‌كدا هه‌بێ گه‌رمه یا سارده یا موعته‌دیله ٠٠ له گه‌رمی رۆژ ناپارێزرێ ٠ وه ئه‌گه‌ر وه‌سیله‌ی ئاساییش نه‌بێ زۆر په‌رێشان ئه‌بێ ، وه ئه‌گه‌ر شوێنی ئاده‌میزاد به‌هه‌شت نه‌بێ هه‌ر تووشی تینوێتی‌و برسێتی‌و گه‌رما ئه‌بێ ٠ وه ئه‌گه‌ر فه‌رزه‌ن بڵێین ئه‌و باغه میــوه‌ی زۆری تیــا بووه بۆ خوارده‌مه‌نی ، وه ئاوی زۆری تیا بووه ٠٠ به‌ڵام چاره‌ی گه‌رما به‌چی ئه‌كرێ ؟ كه وابێ مه‌به‌ست له‌و باغه هه‌ر به‌هه‌شت، بووه ٠ كه عاله‌مێكی سه‌ربه‌خۆیه وه گه‌رماو سه‌رماو برسێتی‌و تینوێتی تێدا نیه ، وه تاوی هه‌تاوی تیا نیه ؛ چونكی به هێزی ته‌وانایی خودا رووناك ئه‌بێته‌وه ، وه به‌ڵــگه‌ی ئه‌مه‌یش ئــه‌و ئایه‌ته‌یه كه ئه‌فه‌رموێت : (فكلا منها رغدا حيث شئتما) : بخۆن له به‌هه‌شتا خواردنێــكی بێ ئازار ، یانی بێ ئیحتیــاج به هــه‌وڵ وه به سه‌رئاوچوون له هه‌ر شوێنێ مه‌یلتان هه‌یه ٠ وه له‌فظی (رغد) ژینی بێ ئازاره ٠

شه‌شه‌م : ئه‌وه كه خودا فه‌رموویه‌تی : (فبدت لهما سوآتهما وطفقا يخصفان عليهما من ورق الجنة) : واته پاش خواردنی

گەنم عەورەتیان دەرکەوت ، یانی ئەو بەرگە لە بەریانا بوو لە پێشا نەما ، وە بە پەلە گەڵاداری بە هەشتیان ئەدا بەسەر شوێنی عەورەتیانا • ئەمە مانای وایە هەتا بێ فەرمانی خوایان نەکردبوو لەشیان لە پۆشاکێکی ساف و جواندا بوو ، وە خواردەمەنییان بە بێ یاسای عادەتی دەرئەچوو ، بە عەرەق و غەیری عەرەق وە لە پاش نافەرمانییەکەیان عەورەتیان دەرکەوت وە ئەو غیلافە نەما وە پێویستیان بە سەرئاو پەیدا کرد • وە دیارییە ئەم وەزعە کە خواردن بە عارەق دەربچێ لە دنیادا نیە وە هەر لە بەهەشتی پاکا دێتە جێ •

لێرەدا ئەبو موسلیمی ئەصفەهانی و هاوبیرەکانی چەن شوبهەیان دەربڕیوە :

یەکەم : ئەگەر ئادەم بەرزکرابوایەتەوە بۆ بەهەشت خودا لە قورئانا باسی ئەکرد ! جوابی ئەمە ئەوەیە : ئەم خاوەن شوبهەیە هیچ دەلیلێکی بە دەستەوە نیە کە ئادەم لە سەر عەرزا دروست کراوە ، بەڵکو لە ظاهیری بازێ ریوایەتا دەرئەکەوێ کە فریشتەکان بە ئەمری خودا میقدارێ گڵیان لە ئیقلیمەکانی سەر عەرز وەرگرت و بردیان بۆ بەهەشت وە بە ئاوی جۆگەی (تسنیم) شێلایان ئەوجا خودا بە تەوانایی خۆی هەیکەلی ئادەمی دروست کرد وە گیانی کرد بە بەردا ، وەکوو لە ئایەتا ئەفەرموێت : (ان مثل عیسی عند الله کمثل آدم ؛ خلقه من تراب ، ثم قال له : کن ، فیکون) • کە وابێ ئادەم هەر لە بەهەشتا دروستکراوە • زیاد لەمەیش بەرزکردنەوەی ئادەم بۆ ئاسمان وە یا هێنانەخوارەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووە ، وە ئەگەر دەلیل قودرەتی خودا بێ بۆ کەس فەرقی نیە •

دووەم : بەهەشت داری تەکلیف نیە چۆن ئـەبێ خودا لە بەهەشتی ئاسمانا تەکلیف وە ئەمر وە نەهی بکا لە ئادەم ؟ جوابی ئەمە ئەوەیە: عالمە گەورەکان ئەڵێن : ئەو فەرمانی خودای تەعالایە بۆ حەزرەتی ئادەم فەرمـــانی ئیرشـــادیو ڕێنومـــایی بووە نەك تەکلیف · وە زیاد لەوە لە پاش تەواوبوونی ئەم عالەمی جیهانە (دار التكليف) نیە ، ئەگەرنا ئێستە ئەگەر بە یاسای (خرق العادة) کەسێ بگاتە بەهەشت ئەوە لەسەر حاڵی موکەللەفی خۆی ئەمێنێ وە ئەمە مەعلوومو دیاریە ·

سێهەم : ئەمەیە ئەگەر بەهەشتی (دار الخلد) بوایێ چۆن حەزرەتی ئادەم داوای شەجەرەی خولدی ئەکرد ؟ یا چلۆن ئیبلیس بەو تەمایە ئەیخەڵەتاند ؟ جوابی ئەم شوبهە ئەوەیە : ئەی ئەگەر باخی سەر عەرز بوایێ وە ماوەیێ تیا بمایەتەوە وە حاڵی ببوایە کە ئەوزاعی عەرز هەمیشە ئەگۆڕێ چۆن باوەڕی بەوە ئەکرد کە لە عەرزا ئادەمی خالید ئەبێ وە ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە ؟ زیاد لەوە ئینسان لە ئەوەڵی دروستکردنیا چۆن ئەزانێ خولوود لە بەهەشتا هەیە وە خولوود لە عەرزا مومکین نابێ ؟

چوارەم : کەسێ ببرێتە بەهەشتەوە دەرناچێ تا ئەبەد چۆن قابیلە ئادەم دەربکرێ لە بەهەشتی خولـــوود ؟ جوابی ئەمەیە : خولوود بۆ ئەوانەیە کـــە لە پاش حسێبی قیامەت ئەخرێنـە بەهەشتەوە نەك بۆ ئەوانە کە لەم عالەمەدا ئەڕۆنە ناویەوە ·

پێنجەم : چۆن قابیلە شەیتان بڕواتە بەهەشتێ کە جێگەی کەرامەتو تەقدیسە ؟ جوابەکەی ئەمەیە : شەیتان جیاکراوەتەوە لەو یاسا ؛ چونکی لە پاش ئەوە خودا طەردی کرد عەرزی کرد :

مۆڵەتم بدە بۆ گومڕاکردنی ئینسان ! ئەویش فەرمووی : (انك لمن المنظرين الى يوم الوقت المعلوم) • جا لـە سەر ئەو مۆڵەتە صەلاحییەتی هاتووچۆی بۆ هەموو شوێنێ وە بۆ ناوی هەموو دڵێك هەیە • وە لاکین (عباد الله) بە ئیخلاص زیانی پێ ناگا •

شەشـەم : ئەمەیـە ئـەم وەزعی سەرکـەوتنی ئـادەمەو هاتنەخوارەوەی مەعقوول نیە ، کە وابێ با بڵێین ئەو جەننەتە باخێکە لە دنیادا •

جوابی ئەمە ئەوەیە : ئەگەر مەبەس لە مەعقوول مەعقوول بە عەقڵی عادەتی (عوام الناس)ە گەلێ شتی وا هەیە لە جیهانا مەعقوول نیە ؛ کورەی رۆژ کە نزیکی روبعە ملیۆنێـك قاتی عەرزە مەگەر خودا بزانێ لە کـەیەوە تا کـەی هەیـەو ئەبێ‌و ئەسووتێ ! ئەم هەموو ئەوزاعی پەنامەکییە کـە لە ئەسراری ئەثیرو بەرقدا هەیە هیچی بە عەقڵی عەوامدا ناچێ •• هەروا هاتووچۆی فریشتە لە ئاسمانەوە بۆ عەرز بۆ لای پێغەمەران ، وە غەیری ئەمانەیش گەلێ سەری لێی سوڕماوە ••• وە هەموویشی راستن • وە ئەگەر مەبەس لە مەعقوول مەعقوول بـە عەقڵی رووناکی ئینسانانەیە وە لەگەڵ باوەڕکردن بە خودای تەوانادایە ئەوە ئەم جۆرە شتانە قابیلی ئـەوە نین کـە ئینسـان سەری سوڕبمێنێ لەوانەدا • ئەگەرنا ئیشی زۆر دەرئەچێ لە میزانی عەقڵی عەوام ، بۆیە لێرەدا نووسیومە :

بەهەشتێکی وا تیایا بمێنێ
بێ نان‌و ئاوی لەویا نەبینێ
پۆشاکی دایم هەر لە بەرا بێ
بێ رۆژ پرتەوی لە راسەرابێ

بێن پێم بڵێن : کە لەم سەر عەرزایە ؟
ئەگەر لە نزمی یا لە بەرزایە
دەوری هەردوو قوطب : جەنووب و شیمال
تاریکستانە هەتا نیوەی ساڵ
ئەو ئیقلیمانەیش نزیك لەوانن
هەمووی ساردەسێر هەمووی کوێسانن
ئەمێنێ عەرضی یەك هەتا پەنجا
ئەوەی بۆ سوکنای ئادەم ئەگونجا
وێنەی ئەفریقاو ئاسیای خۆمان
دوورن لەو وەصفە لەم شوێنا کران
ئیتر بۆ قورئان هەڵگێڕینەوە ؟
با جێگەی ئادەم هەڵبڕینەوە
کائینات هەمووی نیسبەت بە خودا
وا لە ناو قەبضەی قودرەتی ئەوا
چی ئەبێ ئادەم لە بەهەشتا بێ
شەیتانیش بۆ خۆی هەر لە گەشتا بێ ؟!
هەرچی کە دوور بێ لە بیری مادی
تەئویلی بکەی بۆ یارۆی عادی
لازم دێ قورئان کەلامی ئەو بێ
دینو ئایینیش تەرزێکی نەو بێ

برا پێت ئەڵێم بە صیدقو ئیخلاص :
قەسەم بەو خودای بۆی ئەکەی سوپاس !
ئەم خەیاڵاتە هەموو ئەوهامن
هەموو بۆ تەفرەی گەلی عەوامن
خەواص بە مانا زانیاری تەواو
قودرەتی خودا دێنێتە بەرچاو
ناکەوێتە دووی تاویلی قورئان
مەگەر ناچار بێ لە هێزی بورهان
خودام بە حەقەو قورئان ئیمامە
لە بۆ ئەم دینە ناوی ئیسلامە
هەرچۆن پێغەمەر بەیانی داوە
مەعناکەی حەقەو راستەو تەواوە

﴿ وَقُلْنَا : اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ﴾ :

پاش ئەم کارەساتە وتمان بە ئادەمو هاوسەرەکەیو ئیبلیس: داپەڕن لە بەهەشتی بەرزی بەرین بۆ سەر عەرزی پڕ لە مەینەت بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیبلیساو لە ناو خۆتانا · وە یاخود وتم بە ئادەمو هاوسەرەکەی داپەڕن خۆتانو ئەو نەتەوەیە پێتانە لەگەڵ ئەم حاڵەدا کە لە ناو خۆتانا دوژمنی یەکترن ؛ چونکی دوژمنەکەتان هەمیشە ئاشووب ئەنێتەوە لە ناوتانا ·

﴿ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ ﴾ (٣٦)

وە بۆ ئێوە دامەزرانو رابواردن هەیە تا کاتێ دەسگای دنیا هەڵئەپێچن ٠

﴿ فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ ﴾ :

کاتێ ئادەم بە خۆی زانی کە تۆش بووە رووی‌کردە بارەگای رەحمەتی خوداو دەستی کرد بە نزاو لاڵەو زۆر پاڕایەوە هەتا خودای میهرەبان بازێ وتاری بە سوودی خستە دڵیەوە کە بەو شێوە بپاڕێتەوە ، ئەویش وتارەکانی وەرگرت وە بەو وتارانە دەستی کرد بە پاڕانەوە جا خودایش بە میهرەبانی لای‌کردەوە بە لایا ٠

﴿ فَتَابَ عَلَيْهِ ﴾ :

چاوپووشی لێ کرد ٠

﴿ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ (٣٧)

چونکی بە راستی خودا میهرەبانەو هەر بەندەیێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئەویش باشتر لەو لا ئەکاتەوە بەلایا وە خودا میهرەبانە لەگەڵ هەموو کەسێکا سەری بەندەیی بۆ دانەوێنێ ٠

جا لە پاش چاوپۆشی لە ئادەم لە بەر ئەوە وا حاڵی بوو کە وەکوو عەفوم کردووە هەر لە بەهەشتیشا ئەمێنێتەوەو من بڕیارم دا کە لە بەهەشت داپەڕی بۆ سەر عەرز ٠

﴿ قُلْنَا : اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعاً ﴾ :

بۆ جاری دووهەم فەرمانمـان داوەو وتمان : داپـەڕن لە بەهەشت بۆ سەر عەرز هەمووتان ٠

﴿ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدىً ﴾

جا ئەگەر لە لایــەنی منەوە ریسالەو فەرمان‌نامەیێ هات بۆتان ٠

﴿ فَمَنْ تَبِعَ هُدايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (٣٨)

هەر کەسێ پەیڕەوی ئەو فەرمانەم بکا لە رۆژی قیامەتا بیمی ئازارو نارەزایی لەسەر نامێنێ وە ئەوەندە سەر شـادو دڵ شاد ئەبێ بە پایەی خۆی زوپری لە دڵیا نابێ ٠

﴿ وَالَّذِين كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ (٣٩)

وە ئەو کەسانەیش بەرابەر فەرمانەکەم‌و خاوەن فەرمانەکە بێباوەڕی دەربڕێ وە ئەو بەندانەی ناردوومە بۆیان بە درۆیان بخەنەوە ئەوانەش هاوسەری ئاگری دۆزەخ ئەبن وە بەو حاڵە ئەمێننەوە هەتا هەتایە ؛ چونکی پاداشی بێباوەڕی نەبڕاوە ئازاری نەبڕاوەیە ٠

ریوایەت کراوە لە روونکردنەوەی ئەو کەلیماتانە کەخودای تەعالا ئیلهامی حەزرەتی ئادەمی کردن چەن ریوایەتێ ٠

یەکەم : ئەمەیە فەرمووی : (ربنا ظلمنا انفسنا وان لم تغفر لنا وترحمنا لنکونن من الخاسرین) : ئەی پەروەردگاری ئێمە ئێمە.ستەممان کرد لە نەفسی خۆمان بە لادان لە فەرمانی تۆ وە ئەگەر تاوانمان نەپۆشی وە میهرەبانیمان لە گەڵا نەکەی بە راستی ئەبین بەوانە کە تووشی زیانی دەوامدار بوون ٠

دووەم : ئەمەیە فەرمووی : (سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك وتعالى جدك لا اله الا انت ظلمت نفسی فاغفر لی فانه لا یغفر الذنوب الا انت) : ئەڵێت : پەروەردگارا من تۆ دوور ئەگرم لە هەموو عەیبێ وە سوپاست ئەکەم ، تۆ ناوت پیرۆزەو بەشو بارەت بەرزە . بەندەگی ناکرێ مەگەر بۆ ذاتی تۆ وە من ستەمم کرد لە نەفسی خۆم لە تاوانم ببوورە ، بە راستی کەس ناتوانێ لە تاوان ببوورێ مەگەر زاتی میهرەبانی تۆ ٠

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا نیعمەتەکانی خۆی باس کرد لە سەر هەموو ئادەمیزاد بەتایبەتی رووی کرد لە گرۆهی (بەنی ئیسرائیل)وە فەرمووی : (یا بنی اسرائیل ٠٠ الآیة) ٠

لە بەر ئەوە خوا لە قورئانی پیرۆزا گەلێ باسی بەنی ئیسرائیلی کردووە ٠٠ لە بەر ئەوە کە ئەو نەتەوە لە مەدینەی مونەووەرەو شیمالی مەدینەدا زۆر بوونو گەلێ بەربەرەکانیو عەنادی‌یان نیشان داوە بە حەزرەت (د) ٠٠ با ئێمە بە کورتی مێژووی پەیدابوونی ئەم قەومە وە بەسەرهاتیان بنووسین ، بۆ ئەوە لەمەولا لە قورئانا هەر باسێکیان هاتە پێشەوە ، بزانن ئەو گورۆهە کە باسیان ئەکرێ لە چ دەورێکا بوون وە چۆن ژیانو بەم هۆوە بەرچاوتان رووناك بێ ٠

وە باشترین مەصدەرێکی تەئریخی لەم رووەوە (دائرة المعارف)ی (فرید وجدی) یە کە عالمێکی موسوڵمان وە مێژووناس بووە وە جێگەی باوەڕە : وە بە طەبیعەتی حاڵ من تەرجەمەکەی بە کوردی ئەنووسم بۆ برایانی کوردزمان ٠

فەرید وەجدی لە بەرگی یەکەم لە سەر بابی ئەلف ئەلێت :

(اسرائیل) (یعقوب)ە (ع) کوڕی (اسحق) کوڕی (ابراهیم)وە باوکی دوازدە لقەکەی نەتەوەکەیەتی کە یەکێ لەوان (یوسف)ە · (ع)·وە ژیاوە لە قەرنی نۆزدەی پێش لە دایك بوونی (عیسی) · (ع) ·

وە لە عەینی بەرگا لە پێشەوە ئەڵێ : ابراهیم پێغەمەری خودایە ، مولەقەب بە (خلیل)واتە : خۆشەویست ، باپیرەی خاتەمی پێغەمەران حەزرەتی (محمد المصطفی) (د) · ئەم ئیبراهیمە لە دایك بووە لە شاری (اور)[1] لە شارەکانی (بابل)دا، لە پێش لەدایك بوونی (عیسی) بە دوو هەزار ساڵ ، وە ابراهیم لە چینی هەشتەمە ، لە ئەولادی (سام) کوری حەزرەتی (نوح) ، (ع) ·

ابراهیم (سارە) خاتوونی مارە کرد پاش ماوەیێ (هاجەر)ی مارە کردووە کە جاریەی سارە بووە بەخشیویەتی پێی ، وە لە هاجەر ئیسماعیل لە دایك بوو وە پاش ماوەیێ ابراهیم بە فەرمانی خودا هاجەر وە اسماعیلی کوڕی بردن بۆ عەرەبستانی حیجاز وە پاش ماوەیێ لەگەڵ ابراهیمی باوکیا ماڵی کابەی پیرۆزیان دروست کرد · جا ئیبراهیم گەڕایەوە بۆ شام ، وە ئیسماعیل مایەوە لە حیجاز ، وە ژنی هێنا لە قەبیلەی (جرهم) کە عەرەبی (قحطانی) ئەصل بوون وە لە ژنەکەی کە ناوی

---

(١) بازێ ئەڵێن : لە (گۆتی) (بابل)دا لە دایك بووە ، وە بازێ ئەڵێن لە (شەرقاط)دا ، وە بازێ ئەڵێن لە (سوس) لە نزیکی (عقرە) لە مەنطیقەی (موصل) لەدایك بووە ·

(دعله) کچی (مضاض) بوو دوازده کوڕو کچێـــکی بوو ، وه حه‌زره‌تی ئیبراهیم جار به‌جار له شامه‌وه ئه‌ڕۆیشت بۆ دیده‌نی ئیسماعیل له مه‌ککه‌دا وه له دیده‌نی ئاخرجاریا خودا ئه‌مری کرد به ئیبراهیم که خانووی که‌عبه دروست بکا ، وه به یارمه‌تی ئیسماعیل پێکه‌وه دروستیان کرد ، وه کاتێ که دیواره‌که‌ی به‌رز بووه‌وه ئیبراهیم له‌سه‌ر به‌ردێ راوه‌ستا بۆ ئه‌وه‌ی که ده‌ستی بگا به سه‌ری دیواره‌که ئه‌و به‌رده له‌و شوێنه‌دا ناو برا به مه‌قامی ئیبراهیم[1] ، (ع) • پاش ئه‌مه ئیبراهیم گه‌ڕایه‌وه بۆ شام وه له شاما وه‌فاتی کرد ، له ته‌مه‌نی صه‌دو په‌نجاو حه‌وت ساڵیدا (ع) له سه‌ر بازێ ریوایات •

جا با بڕۆینه‌وه باسی ئیسرائیل له سه‌ر ته‌رجه‌مه‌ی (دائرة المعارف) ئه‌ڵێ : وتراوه اسرائیل یانی (عبدالله) وه هه‌ڵبژێرراو له ناو خه‌ڵکدا وه وشه‌ی (اسرا) یانی (عبد) وه (ایل) یانی (الله) •

وه به‌نی ئیسرائیل عیباره‌تن له (یهود) قه‌ومی حه‌زره‌تی موسی (ع) وه ئه‌مانه له مێژووی جیهانا سووڕیکی گه‌وره‌یان بووه پێویسته بۆ ئێمه ته‌ماشای هۆی ئه‌و ده‌ورانه‌و ئه‌نجامه‌که‌یان بکه‌ین •

---

(۱) وه‌کو بیستمان له ده‌وری ته‌ئریخی هه‌زارو سێصه‌دو هه‌شتای کۆچیدا له‌به‌ر مه‌جالی (طائفین) ئه‌و به‌رده‌یان گۆیزایه‌وه بۆ شوێنێکی دوور له (مطاف) به بیست مه‌تـرێ ، وه لـه‌ویا چه‌ترێکیان کردووه به سه‌ریا •

بزانن تەئریخی ئیسرائیلیین بەش بەش ئەبێ بە پێنج بەش • یەکەم لە زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمەوە ، کە باپیرەیان بووە ، تا دەرچوونیان لە شاری (مصر) • دووهەم : لە دەرچوونیان لە میصر هەتا دامەزراندنی پادشاهی لە ناو خۆیانا • سێهەم : لە دامەزراندنی پادشاهی هەتا کاتی گیران بە دیلو بران بۆ (بابل)• چوارەم : لە ئەسارەتی بابلەوە هەتا وێرانکردنی (بیت المقدس) بە دەستی (ملك ادریان) • پێنجەم : لە کاتی بلاوەکردنیان لە عەرزا هەتا تیمڕۆ • وە ئێمە بە کورتی ئەم باسە لە (دائـــرة المعارف)ی قەرنی نۆزدە وەرئەگرین •

دەوری یەکەم : لە تاریخی هەزارو نۆصەدو نەوەدو شەشی پێش میلادی (عیسی)وە هەتا هـــەزارو شـــەشسەدو چڵو پێنج پێش میلادی عیسی (ع) • کـــە ئەکاتە سێســـەدو پەنجاو یەك ساڵی تەواو •

جا لە ساڵی هەزارو نۆصەدو نەوەدو شـــەشی پێش میلادی حەزرەتی عیسی (ع) • ــ وەکوو یەهوود ئەڵێن ــ دەرچوو لە شاری (خالد) ، (هاڵدی) لە جزیرەی (ابن عمر) وە دابەزی لە ولاتی (کەنعان)دا ، بە وەحیو فەرمانی خودای تەعالا وە هەموو خزمەتکارو حەیواناتی لەگەڵ خۆیا هێنا ، جا خودای تەعالا لە کەنعانا (اسحق)ی پێ دا • وە لە ئیسحاق یەعقووب پەیدا بوو کە مولەقـــەب بووە بە ئیســـرائیل ، وە بووە بـــە بـــاوکی بەنیئیسرائیل •

وە خودای تەعالا دوازدە کوڕی دا بە حەزرەتی یەعقووب (ع) ، یەکێ لەمانە کە یوسف بوو (ع) خودا کردی بە خاوەنی

شان‌و پایەیکی گەورە لە ئیدارەی پاشای میصر مەشهوور بە لەقەبی فیرعەون · تا لەو چەرخەدا گرانی‌و قاتی رزق‌و رۆزی حەزرەتی یەعقووب‌و کوڕەکانی ناچار کرد بۆ ئەوە کۆچ بکەن بۆ شاری میصر ، وە فیعلەن کۆچی کرد وە لە نزیکی (نیل) دابەزین ، وە لەو کاتەدا ژمارەیان حەفتا کەس بوون ، وە لە ماوەیێکی کەمدا زۆر زیادیان کرد بە نەوعێ فیرعەون مەترسی لێ ئەکردن ·· جا کەوتنە ئازاردانیان‌و کردنیان بە سوخرە بۆ کارو باری نارەحەت ، وە پاش ماوەیێ وەزعیان خراپتر بوو بە فەرمانی فیرعەون هەر منداڵێکی نێرینەیان پەیدا ببوایێ ئەیانکوشت ، وە کچەکانیان ئەهێشتەوە هەتا موسا دەرکەوت وە خودا کردی بە رەهبەر وە بەنی‌ئیسرائیلەکانی لە میصر دەرکرد بۆ نزیکی عەرزی فەلەستین ، وە لەو کاتەدا ژمارەی پیاوی چەك‌هەڵگری بەنی‌ئیسرائیل گەیشت بە شەش‌سەد هەزار کەس ·

دەوری دووهەمی بەنی‌ئیسرائیل : لە تەئریخی هەزارو شەش‌سەدو چل‌و پێنجەوەیە هەتا هەزارو هەشتای پێش میلاد · کە ئەکاتە پێنج‌سەدو شەست‌و پێنج ساڵ ·

بەنی‌ئیسرائیل لە ژێر قیادەی حەزرەتی موسادا روویان کردە عەرزی کەنعان کە ناویان ئەبرد بە (عەرزی مەوعوود بها) واتە : وڵاتێ خودا بڕیاری داوە بۆیان کە تیایا بژین وە بەرزببنەوە · جا هاتن لە وشکانی نیهایەتی خەلیجی عەرەبی لە بەحری ئەحمەر واتە : وشکانی بەینی بەحری ئەحمەرو بەحری ئەبیەضی متوسط رابوردن بۆ سارای سینا ، وە ماوەی چل ساڵ لەویا مانەوە ، وە لەو سارادا گەلێ ئازارو بێزارو برسێتییان تووش بوو ، وەکوو

مەشهووره بــە ماوەی (تیه) واتــە ماوەی سەرگــەردانی ، وه حەزرەتی موسا لە لاپاڵی کێوی سینا ئەلواحی بۆ هات وه بلاوی کردەوه بە ناو بەنیئیسرائیلا هــــەتا موسا له ساڵی هــەزارو شەشسەدو پێنجی پێش میلاد له سارای (تیه)دا وەفاتی کرد •

پاش وەفاتی موسا حەزرەتی (یوشع) کوڕی (نون) قیادەی بەنی ئیسرائیلی وەرگرت وه له روباری (ئەردەن) پەڕییەوه وه دەستی کرد به جیهاد وه ئەو دوژمنانه که بەرەنگاری ئەبوون هەمووی دوورخستنەوه ، وه عەرزی مەوعوود که (کەنعان) بوو داگیری کرد ، وه ئەو وڵاتەی بەش کرد له بەینی دوازده تیرەی بەنیئیسرائیلدا که مەشهوورن بە (اسباط) •

وه قەبیلەی (لیفی) که سەرۆکی دینو ئایین لای ئەوان بوو عەرزی باشیان دەس نەکەوت ، هاتن له عــەرزی ئەو دوازده قەبیلەدا چلو هەشت قەصەبەی نیوه ئاوەدانیان وەرگرت ، وه لەم بەرەو بەری روبارەکەیش چەن شارێکیان کــرد بە ماوای پەناوەهاوەر له سەر لێشێواوانی بەنی ئیسرائیل هەتا یوشــع وەفاتی کرد •

له پاش حەزرەتی یوشع حوکوومەتی (قضاة) دامەزرا واته حوکوومەتێ بە ناوی حوکوومەتی (فەرمانڕەوایانی دین) ، وه ئەم حوکوومەته تا چــوار قــەرن دەوامی کــرد وه له زەمانی حەزرەتی یوشع باشتر جیهادیان ئەکــرد ، وه گــەلێ هێرشیان ئەبردە سەر ئەو نەتەوەو ئوممەتانه که له دەورو بەرو دراوسێیان بوون •

دەوری سێهەم : لە تەئریخی هەزارو هەشتای پێش میلادەوە هەتا پێنج سەدو سیو شەش پێش میلاد •

لەم ماوەدا بەنیئیسرائیل زۆر دڵگیر بوون لە حوکوومەتی (قضاة) وە ئیشیان زۆر پەرێشـــان بوو ، وە دراوسێکانیان تەماعیان تێکردن • جا داوایان کرد لە حەزرەتی (اشمویل) کە پێغەمەری ئەو چەرخـــەبوو پادشایێکی دادگـــەرو کارامەیان بۆ دابنێ هەتا لە قیادەی ئەوا جیهاد بکەن ، وە نەبی (اشمویل) موعارەضەی کردن فەرمووی : ئەگەر پادشاتان بۆ دابنێم ئـــەو پادشایە دەست ئەکا بە غەدرو زۆرکردن وە کوڕەکانتان ئەکا بە سوخرەی کارکردن • وە کچەکانتان ئەکا بە کەنیزەكو کارەکەر •• کە وابێ هەر وەکوو ئێستە بمێننەوە باشترە !

بەنی ئیسرائیلەکان هـــەرداوای پاشایان لێکـــرد ئـــەویش (شاول طالوت) ی کرد بە پادشایان وە طالوت پاش ماوەیێ لە تەعلیماتی (اشمویل) دەرچوو ، جا اشمویل طالوتی عەزل کرد ، وە (داود)ی کرد بە گەورە بە سەر هەموو اسرائیلەکانا ، وە داود چل ساڵ حوکمی کرد وە ژمـــارەی بەنیئیسرائیل لـــەو کاتەدا گەیشتە یەك ملیۆنو نیو (١٥٠٠٠٠٠) وە لە پاش وەفاتی (داود) حـــەزرەتی (سلێمـــان) دانیشت لە جێگـــەیا وە شـــاری (اورشلیم) قودسی ئیمڕۆی دروست کرد . وە لە هەموو جیهانا مەشهوور بوو •

وە لە پاش وەفاتی حەزرەتی سلێمان وڵاتی بەنیئیسرائیل کرا بە دوو بەشەوە ؛ بەشێکیان لە ژێر فەرمانی (رحبعام) کوڕی (سلیمان)دا مایەوە ، وە ئەم بەشە تێکەڵ لە دوو قەبیلە (یهودا)وە

(بنیامین) • وه بەشی دووهەم پێکئ‌هاتبوو لە دە قەبیلەکەی تر ، وه ئەمانە (جبر حبعام)یان کرد بە گەورەی خۆیان وه(جبرحبعام) کوڕی (ناباد) بوو وه ئەم دە بەشە ناویان دەرکرد بە ولاّتی (یهودا)وه (اسرائیل) ، وه ئەم تەقسیمە بوو بە نەگبەت بۆیان ؛ چونکی ئەم دوو بەشە مەشغووڵی ئەوه بوون کە بە گژی یەکا ئەچوون •

وه زیاد لەوه ئەو وەزعە گۆڕرایە سەری ئەوه هەر کامیان کز ئەبوون یارمەتییان داوا ئەکـــرد لە بێگانە وه ئەوانیش سوپایان بۆ ئەناردن بۆ کوشتنی خۆیان ، جا لە ساڵی پێنجەمی حوکمداری (رحبعامی) کوڕی حەزرەتی سلیمان (سیزاك) پاشای مصر هێرشی هێنا بۆ سەر شـــاری (قدس) وه عیبادەتخانەکەی تالاّن کرد وه چی تیا بوو بردی •

وه لە زەمانی کوڕی (سیزاك) ، (ابیاس)ناو پاشا ئەویش هێرشی هێنا بۆ سەر (جبر حبعام)وه چەن شاری لە ولاّتەکەی وێران کرد • وه کاتێ (جیهو) دامەزرا لە سەر پادشایی لەو کاتەدا جەنگئ لە بەینی ولاّتی یهوداو اسرائیل وه (آشوری)یەکان لە (موصل)دا گەیشتە لاژووڕووی پایەی شیددەتو ناهەمواری •

وه کاتێ (ساڵما نازار) بوو بە پاشای ئاشوورییەکان هات شاری (سامره)ی لە ولاّتی اسرائیل داگیر کرد وه خەڵکی ولاّتی اسرائیلی بە دیل گرتن وه بردنی بۆ ولاّتی خۆی ، وه بەم ڕووداوه ولاّتی اسرائیل بنەبڕ بوو وه تێکچوو •

ئەمجار تەنها ولاّتی (یهودا) مایەوه بوو بە ئامانج بۆ تەماعی ئاشوورییەکان ، وه کاتێ حوکمی ولاّتی یهودا کەوتە دەستی

(مناسیس) پاشای ئاشور زاڵ بوو به سەریا وه به دیلگرتی وه بردی بۆ وڵاتی ئاشور ٠ وه کاتێ که حوکمی وڵاتی کەوته دەستی (یواقیم) پاشای بابل (بختنصر) هات شەڕی لەگەڵ کرد وه (یواقیم) و (سدیاسی) به دیل گرت وه بردنی بۆ وڵاتی (بابل)٠

پاش ماوەیێ (یواقیم) رزگار بوو له دەستی (بختنصر) وه خۆی گردکردەوەو رۆیشت بۆ جەنگ له گەڵ (بختنصر) وه ئەم جەنگه بوو به هۆی ئەوه که ئەو ستەمکاره جارێکی تر دای به سەر وڵاتی یهودادا و چوو (اورشلیم)ی داگیر کرد ، وه وێرانی کرد وه زۆرمەی خەڵکەکەی به دیل برد بۆ بابل وه ئەم رووداوه له تاریخی پێنجسەدو هەشتاو حەوتی پێش میلادی عیسیدا بوو ٥٨٧ ٠

جا پاش ماوەیێ کاتێ (کۆرش)ی گـــەوره ، فەرمانداری فارس ، هات وڵاتی (بابل)ی داگرت ، بەنیاسرائیل له ئەسارەتی بابل رزگار بوونو گەڕانـــــەوه بۆ وڵاتی (فلسطین) له ساڵی پێنجسەدو سیو شەشی پێش میلادی عیسی (ع) ٠

بەنی اسرائیلیەکان زۆر به گەرمیو دڵخۆشی بەخێرهاتنیان له حوکومەتی (کۆرش)ی گەوره کردو گەڕانەوه بۆ فەلەستین له ژێر قیادەی (رۆز و بابل)دا ٠ که گەیشتنەوه فەلەستین ئەو وڵاته تیایا دامەزران ناویان برد به یهودا وه خۆیان ناوبرد به یهود ؛ چونکی فەرقیان هەبوو له باقی اسرائیلەکان ، وه دارا وادەی پێدان که وڵاتی قودس ئاوەدان بکاتەوه بۆیان ، وه فیعلەن دروستی کردەوه بوویان ، وه شـــوورایێ گـــەورەی به دەوریا دروست کـــرد وه وڵاتـــەکـــەیان کـــرد به چـــوار تەقســـیم وه

حوکوومەتێکیان دروست کرد بۆ خۆیان وە حاخامی گەورەیان کرد بە سەرۆکی خۆیان وە مەجلیسێکیان لە بیستو حەوت کەس دروست کرد • لەم کاتەوە بەنی اسرائیلیەکان کەوتنەوە ژیانێکی مناسب بەلاّم لە ژێر سیادەتی فارسیەکانا •

لەم تەئریخەدا (اسکندری مقـدونی یونانی) بە سـوپای گەورەی خۆیەوە رووی کردە (مصر) وە داگیری کرد وە رووی کرد لە فەلەستین وە لە دڵدا کینەو قارێکی زۆری هـەبوو لە بەنی اسرائیلەکان بە هۆی عەلاقەو پەیوەندییان لەگەڵ فارسیەکانا وە بۆی نەکرا کە (خارو بار)وە زەخیرەی سوپای خۆی وەربگرێ لە مینای (صور)ەوە بە هۆی اسرائیلیەکان وە هێزی فارسەکانەوە •

بەلاّم کاتێ (اسکندر) نزیك بووەوە لە (اورشلیم) حاخامی گەورە کە سەرۆکی حوکوومەتی فەلەستین بوو لەگەڵ قەرەباڵغو مەوکیبێکی گەورەدا پێشوازێیکی گەورەی کرد لە (اسکندر) وە زۆر پێشکەش وە حورمەتی تەقدیمی ئەسکەندەر کردوە بە خۆشی هێنایە ناو شاری (اورشلیم)ەوە • وە موژدەی دا بە ئەسکەندەر کە حەزرەتی (نەبی دانیال) ئیعلانی ئـەوەی کـردوە لە ناو بەنیئیسرائیلدا کە ئەسکەنـدەر زاڵ ئـەبێ بە سەر دەوڵەتی فارسدا • وە ئەسکەندەر بەم موژدە زۆر شـــادمان بوو ، وە موعامەلەێکی پیاوانەی کرد لە گەڵ بەنی ئیسرائیلدا وە تا حەوت ساڵ عەفوی کردن لە خەرجو باجو رسووماتی دەوڵەتی •

وە لە پاش ئەوە کە ئەسکەندەر مرد وە ولاّت بەشکرا لە بەینی فەرماندەی سوپاکـانا • ولاّتی فەلەستین کـەوتە بەشی (لاودیون) کە یەکێ بوو لەو فەرماندارانە وە ئەوەندەی پێ

نەچوو کە (بطلیموس لاغوس) خاوەن فەرمانی مصر هات بە سوپاوە وە فەلەستینی لە دەس (لاودیون) دەرکرد • جا گەلێ لە پیاوە گەورەکانی (فەلەستین)ی برد وە لە مصردا خانەشاری کردن ئەم رووداوە لە ساڵی سێسەدو بیستی پێش میلادا بوو • ۳۲۰ قم •

وە لە ساڵی سێسەدی (۳۰۰) پێش میلادا پاشای (سوریا) مەشهوور بە (سیلوکس تیکاتور) هێرشی هێنا بۆ سەر وڵاتی (یهودا) وە داگیری کرد بەڵام زۆری پێ نەچــوو کە (یهودا) گەڕایەوە بۆ ژێر فەرمانی حوکوومەتی مصر وەکوو جاران •

وە لە ساڵی دووسەدو سێدا (۲۰۳) پێش میلاد وڵاتی (یهودا) کەوتەوە ژێر فەرمانی پاشایانی سوریا لە ملووکی (سلوسیدیین)وە سەر شانی بەنی‌ئیسرائیلیان قورس کرد بە خەرج‌و باج ، وە زۆر ئازاریان ئــەدان لە بەر دینەکــەیان • بە تایبەتی کاتێ کە (ئەنتیخوس ابیفان) بوو بە فەرمانداری سوریا فەرمانی دا بە دانانی تیمشــالی (جوبتیر) خــودای یۆنانیەکــان لە ناوەڕاستی عیبادەتخانەی (یهود) ، وە مەنعی یەهوودیەکانی کرد لە سوننەتی (ختان) ـ خەتەنە کردنی نێرینە ـ ، وە فەرمانی دا بە خواردنی گۆشتی بەراز ، وە گەلێ کەسی کوشت لە یەهوودیەکان لە بەر ئەوە کە بە هێز دینیان راگیر ئەکرد •

بەڵام لەم کاتەدا حاخامی یەهوودی (ماتانیاس) ناو ملی نەدا بە فەرمانی پاشای سوریا وە لە سەر ئادابی دینی خۆی مایەوە ، وە سەفیرێکی پاشای سوریای کوشت وە خۆی‌و ئەولادو ئەتباعی ناچار بوون بۆ دەرچوون لە وڵاتی (یهوذا) وە گەلێ کەس کەوتە

شوێنی لە پیاوانی خاوەن دەماخ وە ڕۆیشتن لە کێوەکان خۆیان گرتەوە • وە بەرە بەرە خەڵکیان پێوەنیشت • جا کوڕی ئەم حاخامە کە مەشهوور بوو بە (یهوذا ماکابیە) ئیعلانی جەنگی کرد لە سەر پاشای سوریا (ئەنتیخوس) ناو وە لە ساڵی سەدو شەستو پێنجی ١٦٥ پێش میلادا سوپاکەی ئەنتیخوسی شکان وە هاتەوە (اورشلیم)وە هەیکەلی بتەکانی شکاند ، وە ئیعلانی عیبادەتی خودای کرد لە وڵاتا •••

وە لە پاش ساڵی سەدو شەستو یەك پێش میلاد دوو براکانی (یهوذا ماکابیە) هەستان سوپایان پێکەوە نا وە هەموو ئەطرافی وڵاتی (یهوذا)یان لە فەرمانی سوریا دەرکرد • ئەم دوو برایە ناویان (جوناتاس)و (سیمون)بو •

بەڵام پاش ماوەیێکی کەم دوو کوڕی ئەم (سیمون) ناوە کە ناویان (هیرکان)و (ئەرسیوتوڵ)بوو لە ناو خۆیانا چوون بە گژی یەکا وە (یومبە) ناوی پاشای رومانی بە ناوی ڕێکخستنی ئەم دوو برایە هات وە لە ساڵی شەستو سێ قم ئەم وڵاتەی داگیر کرد وە خستیە ژێر حوکمی رومان وە (یهوذا)ی کرد بە ئیقلیمێ لە وڵاتەکانی رومانیا وە خۆی فەرماندارى هەموویان بوو •

وە لە ساڵی چڵو دووی پێش میــلادا (انیتفون) کوڕی (اریستوبول) دەستی کرد بە ئەورە لە سەر رومانیەکان وە وڵاتی (یهوذا)ی رزگار کــرد بەڵام لــە ساڵی سیوحەوتی پێش میلاد (هرود) پاشای رومانیەکان موساعەدەی رومانیەکــانی کرد وە داگیری کردەوە ، وە (انتیفون)و (هیرکان) کە ئاخر کەس بوون لە نەتەوەی (ماکابیە)بە دەستی ئەم پاشایە کوژران •

هەروا لە سەر فڕوفێڵی (احبار)وە زانا یەهوودیەکان ، کە لە گەڵ رومانیەکانا پەیوەندییان هەبوو ، ئەم (هیرود) ناوەی پاشای رومانە فەرمانی دا بە ئیعدامی حەزرەتی عیسی (ع) ٠ وە گاورەکان ئەڵێن فیعلەن تەنفیذی حوکمی ئیعدام کرا بە سەر حەزرەتی عیسی‌دا وە مردو دفن کرا ٠ وە لە پاش سێ رۆژ خوا زیندووی کردەوە وە عیسی خۆی نیشان دا بە حەوارییەکان وە تەعلیماتی تازەی پێدان ٠ جا خودا بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان وە لە ئاسمان مایەوە[1] ٠

وە لەبەر غەدرو ستەمی بێ ئەندازەی رۆمانیەکان لە سەر یەهوود ثەورەیان کرد لە سەر رۆمانیەکان وە رۆمانیەکانیش جارێکی تر (اورشلیم)یان گرتەوە لە تاریخی حەفتای پاش میلادی عیسی (ع) وە (تیتوس) پاشای رۆمان فەرمانی دا بە سووتاندنی عیبادەتخانەکەیان ، وە بە کوشتنی گەلێ لە پیاوەکان وە باقیەکەیان کردن بە بەندەو فرۆشتنیان ٠

زۆری پێ نەچو (اورشلیم) ئاوەدان کرایەوە وە پڕ بووەوە لە بەنی‌اسرائیل ، بەڵام شۆڕشێکی تر لە لایەنی ئەم بەنی‌ئیسرائیلەوە دووبارە رۆمانیەکانی تووڕە کرد ، وە (ادریان)

---

(١) بەڵام لە سەر فەرموودەی خودای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا لەو کاتا ویستیان حەزرەتی عیسی هەڵاوەسن خودا وێنەی ئەوی خستە سەر یەکێ لە جوولەکەکان وە هەڵیاناوەست وە کوشتیان وە خودا عیسای بە سەلامەتی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان ، وە لە ئاخری زەمانا بە فەرموودەی پێغەمەر دێتە خوارەوە بۆ عەرز ٠

ناو پاشای رۆمان له ساڵی سەدو سی‌و پێنجی پاش میلادی عیسا فەرمانی دا بە رووخاندنی شاری (اورشلیم) لە بناغـەوە وە تەقریبەن نیو ملیۆنی کوشت لە بەنی ئیسرائیل وە باقی ماندەکەی تەفرو توونا کردن لە جیهانا بەڵام لە گەڵ ئەم تەفروتوونا کردنە یەهوودەکان لە دینی خۆیانا هەر هێزی دڵ وە تعصبیان زۆرتر ئەبوو .

دەوری پێنجەمی بەنی ئیسرائیل : لە تەئریخی سەدو سی‌و پێنج ساڵ پاش میلادە تا ئەم چـەرخی ئێمە (ئەمە واتـەی (دائرة المعارف)ی قەرنی نۆزدەیە واتە سەدو کوسوور ساڵ لەمەوپێش) .

واتە کاتێ کە یەهوود پـەرت‌و بڵاوبوونەوە بـە جیهانا گەلێکیان کۆچیان کرد بۆ (ئاسیا) وە لـە ئەطرافی روباری (فورات)دا جێگیر بوون ، وە کۆمەڵێکیان رۆیشـتن بۆ وڵاتی (افغان) ، وە کۆمەڵێکیان روویان کرد لە وڵاتی (هیند) وە (چین) ، وە بازێکیان رۆیشـتن بۆ (ئەوروپا) بەڵام لە ژێـر سووکی‌و داماویدا ئەژیان هەتا پاش ساڵی سەدو پەنجای پاش میلاد کە مەلیك (کونستان) رۆمانی ئەمیش هەر زۆر ئازاری یەهوودی ئەدا بە خەرج بەڵام سووکتر بوو لە زەمانی دوو پادشای رۆمانی پێشتر ـ مەلیك (جوستنیان) و (هیراقلیوس) ـ چونکی ئەم دوو پاشایە هەرکام لە عەهدی خۆیانا گەلێ ئازاری یەهوودیان داو عەزابیان دان .

جا (دائرة المعارف)ی قەرنی بیست ـ کە ئەم نەقڵەی لێوە ئەکەین ـ ئەڵێت : کاتێ کە سوپای موسوڵمانان بیلادی رۆمانیان

گرت ئەحواڵی یەهوود باش بوو وە مەشغووڵ بوون بە تیجارەت لە بەغدا وە لە قاهیرە وە قورطوبە وە بە هۆی تێکەڵبوونیان بە عەرەبەوە گەلێ عولووم‌و صەنایع فێربوون •

وە لە ئەووەڵی قەرنی نۆی میلادییەوە چەن مەرکەزی (یەهوودیە) لە (قاهرە) و (مراکش)وە لە (فاس)دا دەستیان کەوت • وە لەو زەمانا عەدەدیان لە بابلدا کەم بوو وە زۆر بوون لە فەلەستیندا ، و یەهوود زۆر نزیك بوونەوە لە خانەکانو ئەمیرە (مەغول)ەکان •

وە (دائرة المعارف) ئەڵێ : ئێستە لە هیچ وڵاتێکا یەهوود تەحقیر ناکرێن ئیللا لە ناوەڕاستی (ئاسیا)دا کە نزیکەی چوار هەزار کەس یەهوودی حوکمیان لێ کراوە کە پۆشاکێکی تایبەتی لەبەر کەن وە سەرەپێچیان بە سەرەوە نەبێ وە سواری ئەسپ نەبن •

وە لە بیلادی ئەسپانیادا یەهوودیەکان لە ژێر حوکمی ئیسلاما زەمانێکی زۆر ژیان بە خۆشی‌و ئاسانی وە بە هۆی ئەوەوە کە ئەسپانیا کەوتە دەستی (کاثولیکی)یەکان کەوتنە دەرکردنی یەهوود وە ئازاردانیان بە هەموو نەوعێ •

ئەمە نموویەکی کورت بوو کە وەرمانگرت لە (دائرة المعارف) قەرنی نۆزدەی فەرید وەجدی وە یەکێ تەماشا بکا ئەزانێ کە یەهوود لە عالەما لە هەموو زەمانێکا ئازاریان زۆر وەرگرتووە وە گەلێ ئەحواڵی شاذیان بە سەرا هێناون •

وەکوو یەکێ بە ئینصاف تەماشا بکا ئەزانێ کە موسوڵمانان لە ناو هەموو ئوممەتی دونیادا لە هەموویان باشتر وە بە رەحمتر

بوون بۆ میللەتی یەهوود بەلاّم میللەتی ئیسلام لە بەر کەرامەت وە سەلامەتی دینەکەی هەمیشە حورمەتی نیظامیان گرتووە وە دوورکەوتوونەتەوە لە رقەبەری وە کینە هەلّگرتن لە یەهوود وە بە پێچەوانەوە خزمەتیان کردوونو پاراستوونیان ٠

وە منیش ئەلێم : لەسەر بەیانی قورئانی کەریم دوو جار دەمار بە سەر یەهـوودا هـاتووە ٠ یەکـەم : لە سەر دەستی (بختنصر) لە تاریخی (٥٨٧)ی پێش میلادا ٠ دووهەم : لە سەر دەستی (ادریانی) رۆمانی لە تاریخی (١٣٥)ی پاش میلادا ، وە لە پاش بلاّوەبوونیان لە عالەما غەربیەکان هاتن لە فەلەستیندا جێگەیان کردنەوە وە حوکوومەتیان بۆ دامەزراتن ٠ وە ئیستە مەشغوولی ستەمکارین لە موسولّمانان ٠٠ جا ئەبێ بزانن خودا فەرموویەتی : (وان عدتم عدنا) ، ئەمجارە نۆبەی ئینتیقامی خودایە لەوان ٠

★ ★ ★

﴿ يَا بَنِي إِسْرائِيلَ ﴾ :

ئەی نەتەوەی یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی خەلیل (علی نبینا وعلیهم الصلاة والسلام) ٠

﴿ أذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتي أنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ ﴾ :

بە زمان باس وە بە دڵ یادی ئەو نیعمەتانە بکەنەوە کە رژاندوومە بە سەرتانا ٠

﴿ وَأوْفُوا بِعَهْدِي ﴾ :

پێویستی ئەو پەیمانانە بەجێ‌بێنن کە بە هۆی پێغەمەرە رەهبەرەکانەوە بەستووتانە لە گەڵما ٠

﴿ أوفِ بِعَهْدِكُمْ ﴾ :

منیش پێویستی ئەو پەیمانە بەجێ دێنم کە بە هۆی ئەوانەوە بەستوومە لە گەڵتانا ٠ ئێوە بڕیارتان داوە لە فەرمانی من دەرنەچن ، وە ئەو نیشانانەی پێغەمەری ئاخر زەمانە کە روون‌کراونەتەوە لە کتێبەکانتانا دەریان ببڕن بۆ عالەم ، وە یارمەتی ئایینەکەی بدەن ٠٠ منیش بڕیارم داوە کە لە تۆڵەی ئەوا دوو قات پایەو مایەتان بدەمێ لە دنیاو قیامەتا ٠

﴿ وَإيَّايَ فَارْهَبُونُ ﴾ (٤٠)

وە هەر لە من بترسن لە تەرکی وەفا بەو پەیمانانە ، وە لە پێشەواو دەس رۆییشتووەکانتان مەترسن ئەگەر وەفایان پێ بکەن ٠

﴿ وَآمِنوا بِمَا أَنْزَلْتُ مُصَدِّقاً لِمَا مَعَكُمْ ﴾ :

وه ئیمان بێنن وه باوەڕ دەربڕن بەو کتێبە بەرزە پڕ مەغزە ناردوومەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمەری ئاخرزەمان ئەو پێغەمەرە کە ناو نیشانی لە لای ئێوەدا هەیە وه حاڵی ئەو کتێبەش وایە باوەڕ دەربڕە بەو کتێبە موقەددەسە کە لە لای ئێوەدایە ٠

﴿ وَلا تَكُونُوا أَوَّلَ كافِرٍ بِهِ ﴾ :

وه لە ناو خاوەن کتێبەکانا یەکەم چینێ مەبن کە ئینکاری بکەن ٠

﴿ وَلاَ تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَناً قَلِيلاً ﴾ :

وه وەرمەگرن بەرابەر بە ئینکاری ئایاتی ئەو کتێبەمان پارەو بارەیێکی کەمو کووڕو بێ سوود ٠

﴿ وإِيَّايَ فَاتَّقُونِ ﴾(٤١)

وه هەر لە ئازاری من خۆتان بپارێزن ٠

﴿ وَلاَ تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ ﴾ :

وه دامەپۆشن ئەو بەندە راستانە لە کتێبەکەتانایە بە مانای بەتاڵو لارو نابار ٠

﴿ وَتَكْتُموا الْحَقَّ ﴾ :

ئەو داپۆشینە ونکردنی راستو راستیە وه فەرمان ئەدەم راستی مەشارنەوە لە هیچ هۆیێکەوە نەخوازەڵڵا لە هۆی ئەو رەهبەرە راستانەوە کە رووناکی عەرز بەوانە ٠

﴿ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (٤٢)

(وەلحال) ئێوە خۆتان ئەزانن راست کامەیەو لار کامەیە ٠

﴿ و أَقِيمُوا الصَّلاة وَآتُوا الزَّكَاةَ ﴾ :

وە لەسەر یاسای ئایینی ئیسلام نوێژەکانتان بکەن وە زەکاتی ماڵتان بدەن ٠

﴿ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾ (٤٣)

وە روکووع ببەن لە گەڵ ئەوانەدا لە نوێژا روکووع ئەبەن ، وە لە نوێژە بێ روکووعەکەی خۆتان لادەن ٠

﴿ أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ ؟ ﴾ :

ئەمجار خوای تەعالا بە تایبەتی روو ئەکاتە زانایانی بەنی ئیسرائیلو ئەفەرموێت : بە شێوەی سەرزەنشو هۆی سەرسوڕبوونەوە : کە ئێوە لە پەنامەکییەوە فەرمان ئەدەن بە گورۆهی خۆتان بە چاکە کردن وە کەوتنە شوێن پێغەمەری ئاخرزەمان کەچی خۆتان لەم چاکەیە لەبیر ئەبەنەوە ؟ لە گەڵ ئەوەدا حەقوایە ئینسان کاتێ ئیشێکی بە چاک زانی خۆی لە پێش خەڵکا بیکا !

﴿ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ ﴾ :

وە خۆتان تەورات ئەخوێننەوەو ئاگادارن لەسەر نیشانەکانی پێغەمەرا ٠

﴿ أَفَلا تَعْقِلُونَ ؟! ﴾ (٤٤)

ئایا هێشتا نافامن ئەم شێوە رەفتارە ناشیرینە ؟!

﴿ وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلاةِ ﴾ :

وه ئەگەر نەفستان فەرمانتان وەرناگرێ بۆ دەرخستنی نیشانەی پێغەمەر لە بیمی لە دەست دەرچوونی ئەو پایەو مایە لە کۆمەڵەکەتانەوە وەری ئەگرن ، داوای یارمەتی بکەن بۆ زاڵبوون بە سەر نەفستانا بە هێزی صەبرو خۆگرتن لە بەر ئەو ئازارەدا ، وە بە نوێژکردنی ساغ ؛ چونکی ئەمانە دڵی ئادەمیزاد روون ئەکەنەوەو مەعنەوییاتی بەهێز ئەکەن ·

﴿ وَإِنَّها لَكَبِيرَةٌ ﴾ :

وە ئەم یارمەتی وەرگرتنە بە فەرمانبەری خودا ، یاخود ئەم نوێژە کە بە کاری یارمەتی دێت گەلێ گرانە لە سەر شانی ئادەمیزاد ·

﴿ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ ﴾ (٤٥)

مەگەر لە سەر ئەو کەسانە کە بە راستی ملکەچ وە رامی فەرمانبەری پەروەردگارن ·

﴿ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلاقو رَبِّهِمْ ﴾ :

ئەو خاوەن خوشووعانەی کە باوەڕیان وایە لە رۆژی خۆیا بە خزمەتی خودا ئەگەن ، وە پاداشیان ئەداتەوە ·

﴿ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ راجِعُونَ ﴾ (٤٦)

وە باوەڕیان وایە کە سەر ئەنجامیان لای خودایە وە هەر خودا ئەتوانێ لە ئازار بیانپارێزێ وە ئاسایشی نەبڕاوەیان پێ بدا ·

ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتانە :

وشەی (اسرائیل) تێکەڵە لە (اسرا) بە مانا بەندەو (ایل) بە مانا (الله) کە وابێ (اسرائیل) مانای (عبدالله) یە ، وە ئەمە نازناوی حەزرەتی یەعقووبە · وە مەبەس لە بەنیئیسرائیل : نەتەوەی دوازدە کوڕەکەی یەعقووبە لەگەڵ پەیڕەوانیانا ·

مەبەس لە نیعمەتەکانی بەنیئیسرائیل : ئەو نیعمەتە دیارییانەیە کە دراوە بەو نەتەوەو هەنێکیان لە ئایەتەکانی ئایندەدا خودا باسیان ئەکا · خودا ئەفەرموێت : ئەو نیعمەتە گەورانە کە درا بە ئێوە هەرکەسێ بە چاوی ڕاستی بۆیان بڕوانێ ئەزانێ هەر لە تەوانای خودادا بوون ، وە هەر بە میهرەبانی ئەو شایان بوون · کە وابێ حەق نیە لە سوپاسی ئەو نیعمەتانەدا ئەم جۆرە ناسوپاسییە دەرببڕن وە بەرابەر بە پێغەمەری ئاخرزەمان سەرکێشیو نافەرمانی دەرببڕن وە نیشانەکانی ون بکەن لە عالەم ·

مەبەس لە (عهد) پەیمانە ، وە ئەم پەیمانە گەلێ پەیمان ئەگرێتەوە ، لە گەورەکانە ئەو عەقڵو هۆشە کە دراوە بە ئادەمیزاد وە ئەگەر بە ڕاستی بەکار بهێنرێن حەق بە تەواوی دەر ئەکەوێ وە هۆی ئاشووبو غەوغا نامێنێ ·

وە لەو پەیمانانە ئەمەیە : کە خودا بە هۆی پێغەمەرانی بەنیئیسرائیلەوە پەیمانی بەستووە لەگەڵ ئەو نەتەوە کە لە فەرمانی خودا لانەدەن وە لە سەر ئەندازەی ئەمرو نەهی ڕاوەستن وە زیادەڕەوی نەکەن ·

وه لەو پەیمانانەیە ئەمە : کە خودا نیشانەکانی پێغەمەری ئاخرزەمان (محمد المصطفى)ی ــدــ لە ناو (صحف)ی ئیبراهیمو تەوراتی موساو ئینجیلی عیسادا دەربڕیوە • وە پەیمانی بەستووە لە گەڵ ئەو نەتەوەدا کە چین‌چین دەری بڕن لەناو خۆیانا وە هەر کاتێ هەتاوی خاوەن پرتەوی ئەو پێغەمەرە دەرکەوت پەیڕەوی بکەن وە یارمەتی بدەن ، وە بە رووناکی ئەو نیشانانەی پیشانی ئادەمیزاد بدەن •

بۆ وێنە لە فەسڵی‌یازدە لە سیفری پێنجەمی تەوراتدا هەیە خودا فەرمووی بە موسا : کە من پێغەمەرێکی وەکوو تۆ لە ناو برای بەنی‌ئیسرائیلدا رەوانە ئەکەم ، وە هەرکەسێ لەوان وتاری ئەو پێغەمەرە نەبیسێ وە فەرمانبەری نەکا من تۆڵەی لێ ئەستێنم •

وە لە فەسڵی بیست لە سیفری پێنجەما هەیە : تەجەللای خودای تەعالا دەرکەوت لە کێوی (طوری سینا) بە ناردنی تۆ ، وە نووری حەق دەرئەکەوێ لە کێوی (ساعیر)دا بە ناردنی عیسا ، وە بە ئاشکرا رووناکی تەجەللای خودا دیاری ئەدا لە کێوەکانی (فاران)دا • وە بە یەکیەتی واتەی مێژوونووسەکان (ساعیر) شوێنی عیسا بووە ، وە (فاران) مەککەو دەورو بەری مەککەیە ، وە ئەشکەوتی (حراء) کە شوێنی تەنیا نشینی پێغەمەر بووە لە کێوی فارانایە •

وە لە تەوراتا هەیە : خودا فەرمانی دا بە ئیبراهیمی خەلیل کە ئیسماعیل لە گەڵ هاجەری دایکیا ببا بۆ وڵاتی فاران وە لەویا دایان بنێ • وە لە عالەما دیارە کە ئیسماعیل وە هاجەر لە مەککەدا دانراون وە لەویا مانەوە تا کاتی مردنیان •

وە لە تەوراتا لە سیفری حەزرەتی (شعیا)دا هەیە : ئـەی شەعیا من پێغەمەرێکی نەخوێندەوار ئەنێرم بۆ سەر ئادەمیزاد ، بە پیرۆزی ئەوەوە چاوی کوێرو گوێچکەی کەڕ ئەکەمەوە ، وە دڵی بە پەردەداپۆشراو رووناك ئەکەمەوە ، جێگەی پەیدابوونی شاری مەککەیە ، وە کۆچ ئەکا بۆ شاری مەدینـــــە ، وە هێزو دەستەلاتی ئەکەوێتە خاکی شامەوە • ئەو پێغەمەرە بەندەیێکی بە خوداداناز وە دڵئەستوور وە هەڵبژێراو وە خۆشەویستە • ئەوەندە میهرەبانە لە پاداشی کردەوەی خراپەدا خراپە نـــاکا ، بەڵکو چاوپۆشیو بووردن ئەکا • فرمێسك ئەڕێژێ بۆ هەتیو لە باوەشی دایکیا • دڵزوێر ئەبێ بۆ حەیوانێ باری گران بێ ، دڵی رەق نیە ، وتاری تاڵ نیە ، لە بازارِا دەنگگ بەرز ناکاتەوە ، وە خۆی بە شتی ناپەسەند نارازێنێتەوە • وتاری خەیانەتبارانەی نیە ، زۆر بە شەرمە ، ئەگەر بڕوا بە ســــەر بەستەی قامیشا ئەوەندە ئارام ئەبوورێ دەنگیان لێ بـــــەرز نابێتەوە ، بەلای چرادا ڕابوورێ گڕی چراکە ناجووڵێنێتەوە •

ئەو پێغەمەرە موژدە ئەدا بە فەرمانبەران ، وە سەرکێشەکان ئەترسێنێ بە ئازاری خودا ، گەلو کۆمەڵەی ئەو پێغەمەرە چاتری گەلی پێغەمەرانن ؛ چونکی فەرمان بە چاکە ئەدەن وە مەنعی کاری خراپە ئەکەن ، وە خاوەن دڵی سافو بیرو باوەڕی پاكو رووناکن ، وە بەرابەر بە فەرمانی پێغەمەرەکەیان جانبازو فیداکارن •

ئەو ئوممەتە حسێبی ساڵو مانگو شەوو رۆژ رائەگرن بۆ بەجێهێنانی نوێژو رۆژوو حەجو باقی عیبادەتی ئایینیـــان . خودا بە تەنیا ئەزانن ، تەسبیحو تەکبیرو ثەنای پەروەردگار بە ساغی ئەکەن ، وە لە خـودا بێئاگا نـین لە مزگـەوتو ماڵو

مەنزڵیانا ، ئەو قەومە بەڕیز رائەوەستن لە ئایینخانەدا وەکوو فریشتە لە دەوری عەرشا ، ئەو ئوممەتە خۆشەویستی منن ، وە یارمەتیدەری ئایینی پاکن ، بە هێزی ئەوان تۆڵە ئەستێنمەوە لە تاوانباران‌و ستەمگەران‌و بتپەرستان ، وە لەوانە کە دوژمنی راستی‌و راستانن • ئەو ئوممەتە بە راوەستانەوە نوێژ ئەکەن لە بەر رەزای من ، وە روکووع‌و سوجوود ئەبەن لە بەر من ، وە بە هەزاران لە خانووی خۆیان دەرئەکەوون بۆ غەزا لە رێگەی مندا وە غەزا ئەکەن • وە ئەو ئوممــــەتە کاتێ رقیان دابێ (لا اله الا الله) ئەکەن ، وە لە کاتی زویریدا (سبحــان الله) ئەکەن • دەم‌و چاوو دەست‌و پێی خۆیان ئەشۆن بۆ بەجێ‌هێنانی عیبادەت ، کتێبی خۆیان لەبەر ئەکەن ، ئەو ئوممەتە ئەکەم بە گەورەی ئوممەتی پێغەمەران ، پایەی بەرز بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سەر ئایینی ئەوانن • ئەمە فەزڵ‌و میهرەبانی خۆمە لە گەڵ‌هەر کەسێ خواستم ببێ ئەیکەم •

وە لە مەزموری ژمارە چل‌و چــواری (زبور)ی حەزرەتی (داوود)ا بە شێوەی رووکردن لە پێغەمەری ئاخرزەمان ئەڵێت : نیعمەت ئەرژێ لە دوو لێوی تۆوە بۆیە خــودای گەورە یومن‌و پیرۆزی رژاندووە بە سەرتا هەتا ئەبەد • شمشێری خۆت رووت بکە ؛ چونکی ئایین لە گەڵ هەیبەتی دەستایە ••• تیرت تیژە هەموو ئوممەتێ فەرمانت بەجێ دێنن •

وە لە ئینجیلا هەیە کە حەزرەتی عیسا فەرمووی بە یارانی نزیکی خۆی : من لە ناوتانا دەرئــــەچم بــەڵام بــەم نزیکانە پایەبەرزێکی پیرۆز دێت بۆ سەرتان کە قەت لە لایەنی خۆیەوە قسە ناکا وە ئەوە ئەڵێت کە لە غەیبەوە پێی ئەڵێن •

هەروا لە ئینجیلا هەیە کە حەزرەتی عیسا فەرمـووی بە پەیڕەوەکانی : داوا ئەکەم لە خودا پێغەمەرێکتان بۆ ڕەوانە بکا ئەناو ستایشی خودا ئەکا ، وە ئوممەت رزگار ئەکا لە مەینەتی جەورو ستەمو بیرو باوەڕی نابار ، وە لەگەڵ ئوممەتا ئەمێنێتەوە هەتا رۆژی قیامەت • یانی ئایینەکەی بـەردەوام ئەبێ هەتا هەتایە •

(ولا تكونوا اول كافر به) : کەسێ بڵێت بەنی ئیسرائیل یەکەم کەسێ نەبوون کە بێ باوەڕی دەربڕن بە قورئان ئیتر مەبەس لەم نەهیە چییە ؟ لە وەڵاما بڵێ : مەبەس ئەمەیە لە ناو ئەهلی کیتابا یەکەم چێن مەبن • وە یاخود لە ئایەتەکەدا (مضاف) مەحذووفـــە ، یانی مەبن بە وێنـــەی یەکـــەم کافرەکـــان کە (قورەیش) بوون ، یاخود ئەم ئایەتە کینایەیە وە مەقسەد ئەوەیە کە ئێوە یەکەم چینێ بن کە ئیمان بێنن بەم قورئانە •

(ثمنا قليلا) : وشەی (قەلیل) بۆ بەیانی واقیعە ؛ چونکی ئەو دیاریو بەرتیلە ئەو زانایانی بەنیئیسرائیلە وەریان ئەگرت شتێکی کەم بوو لە واقیعا • وە یاخـــود مانای وایە هەرچی وەربگرن لە کەمو زۆر بەرابەر بە گۆڕینی ئایاتی خودا هەر کەمو بێ نرخە ؛ چونکی پیرۆزیی نەبڕاوە هیچ شتێ نابێ بە نرخی •

(ولا تلبسوا الحق ••• الاية) : گومڕاکردنی ئادەمیزاد نابێ مەگەر بە یەکێ لە دوو ڕێگەدا ؛ چونکی ئەو ئادەمیزادە ئەگەر حەقی بیستووەو ڕێگەی راستی زانیوە ئەوە بەوە گومڕا ئەکرێ کە ڕێگەی حەقی لێبشێوێنیو سەرکوێری بکەی ، وە بە

شوبهەو گومانی نابار چاوی دڵی لە زانایی بخەی • ئەمە مانای (ولا تلبسوا الحق)ەیە • وەئەگەر کابرا حەقی نەبیستووەو ڕێگە نازانێ ئەوە بەوە گومڕا ئەکرێ بیخەیتە سەر ڕێگەیێکی لار وە ئەو حەقەی لێ بشاریتەوەو نیشانی نەدەی •• ئەمەیش مەعنای (وتکتموا الحق)ەیە •

(اتأمرون الناس بالبر ؟) ئەم ئایەتە لەسەر ریوایەتی کەلبی لە ئەبووحاتەم لە ئیبنو عەبباسەوە هاتووەتە خوارەوە لە شانی گەلێ جوولەکەی شاری مەدینەی مونەووەرە کە ئامۆژگاری خزمو دۆستانی خۆیان ئەکرد بۆ مانەوە لە سەر ئیسلام کەچی خۆیان ئیمانیان نەدەهێنا • بە هەرحاڵ هەر چەن هۆی نازڵ بوونی خاص بێ بەڵام ئەم سەرزەنشە هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە ئامۆژگاری خەڵك ئەکەن بۆ کردنی چاکەو نەکردنی خراپە کەچی خۆیان نە چاکەکان ئەکەن وە نەخراپەکان تەرك ئەکەن !

پێویستە بزانرێ هەرچەن ئەم نەوعە ئادەمیزادە سەرزەنش ئەکرێن ، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە خۆیان چاکە ناکەن مەنعی فەرمان بە چاکەیان لێ‌ناکرێ ؛ چونکی ئەمر بە چاکە وە نەهی لە خراپە واجبێکە وە کردەوەی واجبات وە تەرکی حەرام واجبێکی ترە ، وە ئینسان کە واجبێ تەرك بکا مەجالی نادرێ بۆ تەرکی واجبێکی تر •

ئایەتی (واستعينوا بالصبر والصلاة) : بە بیری زۆرمەی زانایان خیطابە لە گەڵ کیتابیەکانا ، بەڵام هەم تەمییەیە بۆ هەموو کەسێ ؛ چونکی نوێژو موناجات لە گەڵ خودادا دڵ ڕووناك

ئەکاتەوە وە بیرو باوەڕ بەهێز ئەکا • هەر وا صەبر وە خۆگرتن لە بەر ئازارو بێزارا ئینسان لە خامی دەرئـــەکا ، وە ئافاقی بەرچاوی رووناك ئەکاتەوە ، وە شارەزای ئەکا بۆ رێگەی راست وە دووری ئەخاتەوە لە شتی نابارو پەست ، وە ئەیکا بە ئینسان•

خودای تەعالا دووبارە فەرمانی داوە بە بەنیئیسرائیل کە یادی نیعمەتەکانی بکەنەوە بۆ ئەوە خۆ ئامادە بکەن بۆ سوپاس‌و فەرمانبەرداری وە هەنێ لە نیعمەتەکانی هاویتە بەرچاویان ، وە لە سەرەتادا نیعمەتی پایەبەرزی پێشان دان وە فەرمووی :

﴿ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ ﴾ :

ئەی بەنیئیسرائیل ! یـادی ئەو نیعمەتانەم بکـەن کە پێم‌داون • یەکەمین : ئەمە کـە پایەم بەرزکـردنەوە بە سـەر ئادەمیزادی رۆژگاری خۆتانـــدا بە نیعمەتی پێغەمەرایەتی‌و رەهبەری ، وە نیعمەتی پاشایەتی‌و سەرۆکی بە سەر خەڵکا •

﴿وَاتَّقُوا يَوْماً لا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئاً﴾:

وەکوو من ئەم نیعمەتە بێ وێنەم پێ‌داون ئێوەیش خۆتان بپارێزن لە ئازاری رۆژێ کە بێ وێنەیە ، وە ئەو رۆژە رۆژێکی وایە هیچ نەفسێ لە باتی هیچ نەفسێ هیچ نەوعە حەقێ ناداتەوە •

﴿ وَلاَ تُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ ﴾ :

وە تکاو رجا وەرناگیرێ لە هیچ نەفسێکەوە بۆ هیچ نەفسێ •

﴿ وَلاَ يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ ﴾ :

وە لە هیـچ نەفسێـکی تاوانبـارەوە گـرەوی ماڵی وەر ناگیرێت •

﴿ وَلاَ هُمْ يُنْصَرُونَ ﴾ (٤٨)

وه ئەو تاوانبارانە لە لایەنی کەسەوە یارمەتی نادرێن بۆ رزگار بوون .

دووهەمین ئەمەیە کەدەری بڕیوە لەم ئایەتەدا کە فەرموویەتی :

﴿ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ ﴾ :

یانی ئەی بەنی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە لەو کاتەدا کە رزگارم کردن لە ئازارو گیرو داری دەستەو بەستەی (فیرعەون) پاشای قیبطییەکان لە وڵاتی میصرا .

﴿ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ﴾ :

لە حاڵێکا عەزابو ئازاری ناباریان ئەدا بە سەرتانا .

﴿ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ ﴾:

هەر منداڵێکتان ئەبوو نێرینەکانیان سەرئەبڕی وە مێیینەکانیان ئەهێشتەوە .

﴿ وَفِي ذَلِكُمْ بَلاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴾ (٤٩)

وە لەم کارەساتەدا مەینەتێکی گەورە دامەنگیری ئێوە ئەبوو: لە لایەکەوە ئەبوو بە هۆی ریشەدەرچوونی بەنیئیسرائیل ، وە لە لایەکەوە ناموسیان ئەکەوتە دەستی دوژمن ، وە لە لایەکەوە جگەری باوکو دایك بەم ستەمە ئەسووتا .

﴿ وَإِذْ نَجَّيْنَاكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ ﴾ :

سێهەم نیعمەت ئەمەیە کە لەم ئایەتەدا دەری خستووە وە

فەرموویەتی : باسی ئەو شتانە بکە کە رووویان دا لەو کاتەدا کە دەریای نیلم کرد بە دوو بەشەوە : لە بەر رزگارکردنی ئێوە ٠

﴿ فَأَنْجَيْنَاكُمْ ﴾ :

ئیوەمان رزگار کــرد لە دەستەو بەستەی فیرعەون وە لــە هێرشی ئاوی نیل ٠

﴿ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ ﴾ :

وە بۆ ئەوە کە دەربکەوێ ئەم دووبەشکردنی دەریایە لەبەر خاتری ئێوەیە بەرابەر بە دەستەی فیرعەون نیل کەوتەوە سەر حاڵی خۆی وە دەستەی فیرعەونمان خنکاند ٠

﴿ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ ﴾ (٥٠)

وە ئێوە بە چاوی سەر ئەتانڕوانی بۆیان لــەو کاتــەدا ئەخنکان ٠

﴿ وَوَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ﴾ :

چوارەمین یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە : لەو کاتەدا چلەمان دانا بۆ موسا بۆ ئەوە بێت بە تەنیا چاوەڕوانی فەرمانی ئێمە بکا٠

﴿ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِنْ بَعْدِهِ ﴾ :

وە لە پاش دەرچوونی موسا لە ناوتانا لە باتی ئەوە زیاتر لەوەپێش تێکوشێن لە بەندەیی وە سوپاسی خودادا وە چاوەڕوانی فەرمان بکەن هاتن (گوێرەکە !) تان وەرگــــرت بۆ پەرستش‌و فەرمانبەری ٠

﴿ وَأَنْتُمْ ظَالِمُونَ ﴾ (٥١)

(والحال) خۆتان بە کەمتر تەماشاکردنێ ئەتانزانی کە بەم ئیشە ناباره ستەمتان لە خۆتان وە لە واقیعی ئادەمیزاد کرد .

پێنجەمین نیعمەت ئەمەیە کە دەری بڕی بە فەرموودەی :

﴿ ثُمَّ عَفَوْنَا عَنْكُمْ مِنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ ﴾ :

وە پاش ستەمکارییەکەتان چاوپۆشیمان لێ کردن بە پاڕانەوەی موسا .

﴿ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (٥٢)

بەڵکوو ئیتر دەستبەرداری ناباری بین وە سوپاسی نیعمەتی ئەم چاوپۆشییە بکەن .

﴿ وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ ﴾ :

وە یادی ئەو نیعمەتی شەشەمینە بکەنەوە : لەو کاتەدا ، کە بە میهرەبانی خۆمان ، کتێبی حەق و بەتاڵ وە راست و لار لە یەکتر جیاکەرەوەمان بۆ نارد .

﴿ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ (٥٣)

بەڵکو لە هەموو هۆیەکەوە شارەزای راستی ببن ، وە رێگەی رزگاری خۆتان بگرن .

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ : يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنْفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ ﴾ :

باسی ئەو نیعمەتی حەوتەمینە بکەنەوە لەو کاتەدا موسا بە شێوەی ئامۆژگاری فەرمووی بە کۆمەڵەکەی : ئەی خزم و خۆیشانی

من بە ڕاستی ئێوە ستەمتان لە خۆتان کرد بە وەرگرتنی گوێرەکە بۆ پەرستیاری پاش ئەو هەموو نیعمەتانی خودایە کە پێیدان ·

﴿ فَتُوبُوا إِلَى بَارِئِكُمْ ﴾ :

دەی ئیتر لەو تاوانە بە دڵ پەشیمان ببنەوە وە رووبکەنەوە خودا ، وە بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆتان ·

﴿ فَاقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ﴾ :

وە نەفسی خۆتان بکوژن بۆ کەفارەتو داپۆشینی ئەو تاوانە گەورە ·

﴿ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ عِنْدَ بَارِئِكُمْ ﴾ :

ئم خۆکوشتنتانە چاترە لە مانەوەتان لە لای خودای تەعالا کە ئێوەی دروست کردووە ·

﴿ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ﴾ :

وە پاش گەڕانەوەی ئێوە بۆ لای خودای تەعالا ئەویش بە میهرەبانی لایکردەوە بە لای ئێوەدا ·

﴿ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ (٥٤)

بە راستی خودا هەر ئەو لاکەرەوەیە بە لای بەندە تاوانبارە گەڕاوەکاندا ، وە میهرەبانە بۆیان ·

﴿ وَإِذْ قُلْتُمْ : يَا مُوسَى لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللهَ جَهْرَةً ﴾ :

وە یادی ئەو نیعمەتە بکەن لەو کاتەدا وتتان بە موسا ، بە

شێوەی هەواو سەرکێشی : ئێمە ئیمان نایەنین بە تۆ وە باوەڕت پێ ناکەین هەتا بە چاوی سەر خودامان چاو پێ ئەکەوێ ٠

﴿ فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ ﴾ :

بە شوێن ئەم داوادا ئاگرێ لە ئاسمانەوە هاتو داگیری کردن‌و سووتان ٠

﴿ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ ﴾ (٥٥)

وە ئێوە بە چاوی خۆتان ئەتان‌ڕوانی بۆ ئەو ئاگرە کە هاتەخوارەوە بۆ سەرتان ٠

﴿ ثُمَّ بَعَثْنَاكُمْ مِنْ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (٥٦)

بە شوێن ئەوەدا زیندووم کردنەوە بەڵکوو ئیتر دەست بەرداری سەرکێشی ببن ، وە سوپاسی خودا بکەن ٠ ئەم کۆمەڵە لە پاش گوێرەکە پەرستی موسا هەڵی بژاردن وە بردنی بۆ (طور) بۆ عوزرهاوردنەوە ٠

﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ ﴾ :

وە یادی ئەو نیعمەتە گەورە بکەنەوە : لەو کاتەدا کەوتنە سارای سینا وە نزیك بوو لە گەرمای ئەو بیابانەدا بێ گیان ببن ، وە ئێمە بە میهرەبانی هەورمان کرد بە سایەبانی راسەرتان وە لە جۆشی گەرما رزگار بوون ٠

﴿ وَأَنْزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى ﴾ :

وە گەزۆمان باران بە سەرتانا ، وە پەلەوەری (شەلاقە)مان بە سەرا باراندن ٠

﴿ كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ﴾ :
وه رەوامان كرد بۆتان وه فەرمانمان دا بخۆن لەو نیعمەتە جوانانەی كردوومانە بە رۆزیتان ، وه سوپاسی نیعمەتی ئێمە بكەن ، كەچی ئەوان ستەمیان كرد وه سوپاسی نیعمەتی خوایان نەكرد .

﴿ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴾ (٥٧)
بەڵام ستەمیان لە ئێمە نەكرد لە تەركی سوپاسا وه لە كوفری نیعمەتا : چونكی ئێمە بەر ستەمی كەس ناكەوین ، بەڵكو ستەمیان لە خۆیان كرد وه ناسوپاسییەكەیان بوو بە هۆی بەدبەختی خۆیان .

﴿ وَإِذْ قُلْنَا : ادْخُلُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ ﴾ :
باسی ئەو كارەساتە بكەن لە چەرخێكا فەرمانمان دا لە سەر زمانی رەهبەری خۆمان كە : بێن بڕۆنە ناو شاری قودسەوه .

﴿ فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَداً ﴾
وه لە خواردنی ئەو وڵاتە بخۆن لە هەر شوێنێكەوه ئارەزووتانە بە خواردنێكی تێرو تەسەل : چونكی هۆی هەموو كەسبو كارو كشتوكاڵو بازرگانی تیایە .

﴿ وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّداً ﴾ :
وه فەرمانمان دا بڕۆن بۆ پێشگای (بیت المقدس) بە وەزعی سەردانەواندن وه كڕنووش بردن لە بەر دەرگادا بۆ خودای پەروەردگار .

﴿ وَقُولُوا حِطَّةٌ ﴾ :

وه بپاڕێنەوه له خودا وه بڵێن : پەروەردگارا نیازمان له بارەگاتا ئەمەیە تاوانەکانمان له سەر لابەی ، وه بمان بەخشی ·

﴿ نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ ﴾ (٥٨)

ئەگەر ئەم فەرمانەم بەجێ بێنن چاوپۆشی ئەکەین له تاوانبارەکانتان وه پایەیش بەرز ئەکەینەوه بۆ بێ‌تاوانە خێرۆمەندەکانتان ·

﴿ فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ ﴾ :

کەچی ستەمکارە نامەردەکان له باتی ئەو وتارەی فەرمان‌درابوو پێیان بڵێن وتاری تریان‌وت ، وه قسەی چاکیان گۆڕییەوه به خراپ ، وه لە باتی داوای تاوان پۆشی داوای بەجێ‌هێنانی ئارەزووی نەفسیان کرد ·

﴿ فَأَنْزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا رِجْزاً مِنَ السَّمَاءِ ﴾ :

ئێمەیش له بارەگای تەواناییی خۆمانەوه دەردو ناساغییەکی زۆر ناشیرینمان حەواڵە کرد بۆ سەر ئەو ستەمکارانە ·

﴿ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴾ (٥٩)

به هۆی ئەوەوه که له فەرمانی ئێمە دەرچوون ·

﴿ وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ ﴾ :

باسی ئەو نیعمەتە بکە : لە کاتێکا موسا داوای ئاوی کرد بۆ کۆمەڵەکەی لە بیابانی سینادا ٠

﴿ فَقُلْنَا : اضْرِبْ بِعَصَاكَ الحَجَرَ ﴾ :

ئێمەیش فەرمانمان پێدا کە : بە عاساکەت بدە لەو بەردە کەوا لە پێش چاوتا ٠

﴿ فَانْفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً ﴾ :

ئەویش بە عاساکەی لێیدا وە دوازدە چاوگەی لێ هەڵقولا بۆ دوازدە تیرەی بەنی ئیسرائیل ٠

﴿ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَشْرَبَهُمْ ﴾ :

بەحاڵێ هەر تیرەیێ لەوان سەرچاوەی خۆی ئەزانی ٠

﴿ كُلُوا وَاشْرَبُوا مِنْ رِزْقِ اللهِ ﴾ :

وە ئێمەیش لە سەر زمانی موسا پێمـــان وتن : بخۆن لە خواردەمەنی ، وە بخۆنەوە لە ئاوێ کـە خـودا کردوویەتی بە رۆزیتان ٠

﴿ وَلَا تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴾ (٦٠)

بەڵام ئاشووب مەگێڕن لە سەر عەرزا بۆ تێکدانی ئاسایشی خەڵك ٠

﴿ وَإِذْ قُلْتُمْ : يَا مُوسَى لَنْ نَصْبِرَ عَلَى طَعَامٍ وَاحِدٍ ﴾ :

وە یادی ئەو کارەساتە بکەنەوە لە کاتێکا وتتان بە موسا :

ئیتر تاقەتی خۆگرتنمان نیە لە سەر یەك جۆر لە خواردەمەنی !

﴿ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنْبِتُ الأَرْضُ ﴾ :

داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان دەربکا لەم عەرزە لەوانەی زەوی ئەیروێنێ ·

﴿ مِنْ بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ﴾ :

لە سەوزەواتو خەیارو گەنمو نیسكو پیازی ئەم عەرزە ·

﴿ قَالَ : أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ ؟ ﴾ :

موسا فەرمووی : عەجەبا ئەتانەوێ نیعمەتی پەست وەرگرن لە باتی نیعمەتی پیرۆزی وا کە خوا بێ زەحمەت پێی‌داون ؟!

﴿ اِهْبِطُوا مِصْراً فَاِنَّ لَكُمْ مَا سَأَلْتُمْ ﴾ :

ئازان لەم بیابانە دەرچن ، وە داپەڕێنەوە بۆ میصر ، یا بۆ هەر شارێ لەم دەورو بەرە ، ئەوسا بە راستی دەستان ئەکەوێ ئەوەی داوای ئەکەن ·

﴿ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِلَّةُ والمَسْكَنَةُ ﴾ :

هەر لەو کاتەوە کە ناسوپاسییان دەربڕی وە دەستیان کرد بە سەرکێشیو دڵپیسی لە گەڵ حەقپەرستیدا خودا کۆمەڵی بەنی ئیسرائیلی هاومل کرد لە گەڵ کزیو لارەملی وە چنۆکیو چاوبرسێتیا ·

﴿ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِنَ اللهِ ﴾ :

وه گەڕانەوه لە گەڵ بەدبەختی وه رقگرتنی خودادا ٠

﴿ ذلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللهِ ﴾ :

ئەمەیش بە هۆی ئەوەوە کە هەمیشە ئینکاری ئایاتی خودایان ئەکرد ٠

﴿ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ﴾ :

وه لە سەر بیری ئەوه بوون هەر پێغەمەرێ لە گەڵ هەوایانا نەڕوا بیکوژن . وه نزیك بوو (هارون) بکوژن وه (بالفعل) گەلێ لە پێغەمەرانیان کوشت بە ناحەق ، بێ ئەوه کە حەتا لە لای خۆیشیانا بەهانەیەکی بە شێوه راستیان لە دەستابێ ٠

﴿ ذلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ ﴾ (٦١)

ئەم ئینکاری ئایاتە وه ئـەم کردەوەی دەستوەشاندنیانە لەوەوە بە سەرا هات کە هەمیشە لە سـەر باری سەرپێچی لە فەرمانی خودا وه لادان لە سنووری ئەحکاما بوون ٠

گەڕانەوەیێ بۆ هەنێ باس لەم ئایەتەدا :

١ ـ (وانی فضلتکم علی العالمین) : ظاهیری ئەمەیە کە بەنی ئیسرائیل لە هەموو عالەم گەورەتر بووبن ، کەچی ئایەتی (کنتم خیر امة اخرجت للناس) بەرعەکسی ئەوەیە ٠٠ بۆ وەڵامی ئەمە موفەسسیرین وتوویانە : مەبەس لە (عالەمین) ئەوانە بووه کە لەو چەرخەدا بوون ؛ چونکی (عالەم) بەوه ئەڵێن ببێ ، وه ئوممەتی پێغەمەری ئاخرزەمان لەو چەرخەدا نەبوون ٠ وه بەعزێ

موفەسسیرین فەرموویانە : ئایەتی (وانی فضلتکم علی العالمین) ئەوە ئەگەیەنێ کە خودا فەزلی بەنی ئیسرائیلی دابێ بە سەر غەیری ئەوانا • بەڵام ئەوە ناگەیەنێ لە هەموو هۆیێکەوە • یا فەزلەکەیان ئەوە بووبێ کە خودا هەر لەو قەومە پێغەمەرانو پاشاکانیشی ناردبێ ، یاخود لە عیلمو زانستو پیشەناسیدا لە خەڵك زیاتر بووبن ، وەکوو ئایەتی (اذ جعل فیکم انبیاء وملوکا) وە ئایەتی (ولقد اخترناهم علی علم علی العالمین) ئەیگەیەنێ • وە یاخود مەبەس ئەوە بووبێ کە کۆمەڵی وا لە غایەتی داماویو بێدەستیا وە گیرخواردن بە دەستی پاشایێ کە لە غایەتی ستەمکاری وە دەستڕۆیینا بووبێ رزگار کردنیان نیعمەتێکی وایە بۆ هیچ قەومێ لە دونیادا رووی نەداوە ، مەگەر بۆ بەنی ئیسرائیل •

٢ ـ ئایەتی (ولا تقبل منها شفاعة)وە هاووێنەکانی وەکوو (ما للظالمین من حمیم ولا شفیع یطاع) وە گەلێ ئایەتی تر ••• وا ئەگەیەنن کە لە رۆژی قیامەتا (شەفاعەت) تکاکردنی کەس بۆ کەس نیە ، کەچی گەلێ ئایەت وە گەلێ ئەحادیثی نەبەوی شەفاعەت ئیثبات ئەکەن ، وە ئیجماعی پێشەوایان بووە لە سەر ئەمە کە حەزرەت (د) شەفاعەت ئەکا وە شەفاعەتەکەی لێ قوبووڵ ئەکرێ !

وەڵامی ئەم گرێیە ئەمەیە : ئەو ئایەتانە کە مەنعی شەفاعەت ئەکەن ئەگەر لە باسی کافران ئەدوێ ئەوە جێگەی ئیشکال نیە ، لەبەر ئەوە لە دنیادا دەرکەوتووە بە ئاشکرا ئەو کەسەی بە کافرێتی مردووە بە هیچ نەوعێ چاوپۆشی لێ ناکرێت ، وە ئەگەر

باسی کافران نیه وەکوو ئایەتی (واتقوا یوما لا تجزی نفس عن نفس شیئا) دەفعی ئیشکالەکە ئەمەیە : ئەو ئایەتانە عامن ، وە ئەو ئایەتانە کە شەفاعەت ئەگەیێنن وە ئەیبەستن بە کاتی بێ ئیذنی خوداوە ـ مەثەلا ـ خاصن ، وە خاص حاکمە بە سەر عاما · یانی ئایەتە پێشووەکان موقەییەد ئەکـــرێن بە کاتی نەبوونی ئیذنو رەزای خودای تەعالاوە · یانی ئەگەر خودای تەعالا ئیذن نەدا بە شەفاعەت بۆ هەر گورۆهێ وە بۆ هەر کەسێ ئەوە شەفاعەت بۆ ئەوانە سوودی نیە وە نابێ · وە دەلیل لە سەر ئەم وەڵامە دامـــەزرانی ئیجماعە لـــە ســـەر شەفاعەت لە پێش دەرکەوتنی خیلافی ئەهلی بیدعەتا . وە ئەو ئەحادیثە روونا کانەن کە شەفاعەت ئەگەیەنن وە ئەو ئەحادیثە شەریفانە هەر چـــەن ئاحادن بـــەڵام بە هـــۆی مەعنـــــای موشتەرەکیانـــەوە حوکمی موتەواتەریان هەیە ·

ئەگەر کەسێ بڵێت : بوونی شەفاعەت ئەبێ بە هۆی گۆڕانی عیلمو ئیرادەی خودای تەعالا لە سەر عەزابو ئازاردانی کافرانو تاونباران ئەمەیش مەحاڵە ! بڵێ : ئەو کەسانەی کە شەفاعەتیان بۆ قووبووڵ ئەکرێ لە عیلمی خودادا رابوردووە کە بە هـــۆی شەفاعەتەوە چاوپۆشییان لێ ئەکرێ ، وە ئیرادەی لە سەر صادر بووە وەکوو شیفـــاو خۆشەوەبوونی نەخۆشێ کـــە دەرمانی بە سوودی بۆ هەڵکەوێ وە چاك ببێتەوە ، ئەمەیش لە عیلمی خوادا رابووردووە بەو نەخۆشینە نەمرێ ·

ئەگەر کـــەسێ بڵێت : شەفاعـــەت موخالیفی مەصلەحەتی ئیسلامە ؛ چونکە خەڵك جەسوور وە بێ شەرم ئەکا لە سەر تاوان کردن ! بڵێ : ئەم ئیشکالە کاتێ وارید ئەبێ کابرای تاوانکردوو

سەنەدێکی لە دەستا بوایێ کــە بەتایبەتی شــەفاعەت بۆ ئــەو ئەکرێت ، ئەوەیش بۆ کەس نەبووەو نیە ، بەس ئومێدی ئەوەی هەیە کە لە شەفاعەتا بەشدار بێ ٠ زیاد لەمە ئەگەر ئومێدی شەفاعەت نەبێ گەلێ تاوانبار لە نائومێدییا خۆی کافر ئەکا ، وە ئەمەیش موخالیفی میهرەبانی خوداو بانگی خێری ئیسلامە ٠

٣ ـ (یذبحون ابناءکم) : هۆی ئەم سەربڕینەیان ئەمە بوو فیرعەوەن‌و شەعبی قیبطی بە هۆی دەستەڵاتی دەوامداریان بەسەر دراوسێکانیانا لە خۆیــان بایی بووبوون وە بڕیاریان دابوو کە ئەوان شەعبێ گەورەن لە جیهانا وە ملکەچی خەڵك بۆ ئەوان فەرزە وە فیرعەونەکان خودان٠٠جا لەگەڵ ئەم خۆپەرستیانە شیانا کە تەماشایان ئەکرد بەنی‌ئیسرائیل لەو کاتەوە بە هۆی حەزرەتی (یوسف)ەوە هاتوونەتە (مصر) ساڵ بە ساڵ ژمارەیان زۆر ئەبێ وە دەستەڵات پەیدا ئەکەن ٠٠٠ بیمیان پەیدا کرد لەوە کە رۆژێ لە رۆژان بەنی ئیسرائیل زاڵ بین بە سەریانا وە میصر داگیر بکەن ٠ جا لە سەر ئەم ئەساسە بڕیاریان دا چاوێرییان بکەن لە کاتی منداڵبوونی ژنەکانیانا ٠ وە ئەوەی کە نێرینە بێ سەری ببڕن بۆ ئەوەی هێز نەگرن ٠

وە هەنێ لە موفەسسیرین فەرموویانە : هــۆی ئەمەبوو فیرعەون لە خەوا حاڵی بوو لەوە کە بەدەستی یــەکێ لە بەنی ئیسرائیلیەکان ئەفەوتێ ٠ لە بەر ئەمە بڕیاری دا بیان‌فەوتێنێ ، وە بەرەبەرە نەیــان هێڵێ ٠٠٠ وە هەنێ تــر فەرموویانــە : ئەستێرەناسەکانی قیبطی وتیان بە فیرعەون : ئەمساڵ لــە ناو بەنی‌ئیسرائیلا منداڵێ لە دایك ئەبێ کە لە سەر دەستی ئەوا تۆ بەرباد ئەبی ٠ ئەویش بڕیاری دا لەو ساڵەدا هەرچی منداڵی

نێرینەیان پەیدا ببێ سەری ببڕێت ! کەچی ئەم کارەساتە هیچ سوودی نەبوو • والله غالب على امره ولـكن اكـثر الناس لا يعلمون •

٤ ـ (واذ فرقنا بكم البحر) : ریوایەت کراوە کاتێ بەنی ئیسرائیل لە شەوا لە گەڵ موسادا لە میصر دەرچوون بەرەو دیاری موقەددەسە فیرعەون خەبەردار بوو وە بە سوپاوە کەوتە دوایان وە لە نزیکی دەریای نیلدا گەیشت پێیان ، لەویا خودای تەعالا ، بە شێـوەی موعجیزە ئـاوی نیلی مەنعکـرد لە ڕەوانبوون وە دێڕیپێشدەمی بەنی ئیسرائیلیەکانی کرد بە کۆڵان ، وە بـەو کۆڵانەدا کەوتنە ڕێگە وە لە ئاوی نیل پەڕینەوە •

کاتێ کە فیرعەون چاوی کەوت بـەم وەزعە هێشتا بەنی ئیسرائیلیەکان تەواو نەپەڕیبوونەوە خۆیو سوپاکـەی چوونە نیلەوە بەو کۆڵانەدا ، کاتێ بەرو دوایان کەوتە نیلەوە ئاوی نیل هات بە سەریانا وە لە نیلا غەرق بوون ، پاش ئەوە لەشی فیرعەون کەوتە سەر ئاوەکە . وە لەشەکەیان لە نیل دەرکرد بۆ ئەوە هەموو کەسێ بزانێ فیرعەون غەرق بووە •

ئەگەر کەسێ بڵێت : عەجەبا فیرعـەونو دەستەکەی ژیرو هۆشیار بوون چۆن ئەنیشنە ئـــەو ئاوە بێ ئامانە ؟! وەڵامی ئەمەیە ؛ یەکەم : فیرعەون وە پیاوە ماقووڵەکانی وایان ئەزانی ئەم ڕووداوە لە ســەر ئەساسێـکی فەننــیو جادووێیکە موسا کردوویەتی وە یاخود لە سەر وەزعێکی نجوومی عالەمییە کـە موسا ئاگادار بووە بە سەریا ، مادام وابێ ئەم وەزعی کۆڵانی (نیل)ە هەروا ئەمێنێتەوە ، وە بۆ بەنی ئیسرائیلو قیبطی فەرقی

نیه • دووەم : بە خەیاڵی ئەوە کە مایین مەلەوانە سوپاکەیش مودەڕڕەبو شارەزای مەلەوانین بەم شێوە لە نیل ئەپەڕنەوە • سێهەم : کاتێ فیرعەون چاوی کەوت بە بەنیئیسرائیل لە نیل پەڕینەوە حاڵەتێکی نەفسیی شاذی بە سەرا هاتو بە عاری ئەزانی بترسێ لە ئاوی نیل وە بەرابەر بە سوپاکەی بیمو ترس نیشان بدا • وە حەقیقەتیش ئەمە بوو کە خـــودا ویستی کۆمەڵێ بفەوتێنێ هەر خۆیان بە خۆیان بەرباد ئەکا •• (لیحق الحق ویبطل الباطل) ، (ولیقطع دابر الکافرین) •

بۆ روانینی ئەم نیعمەتی دووبەشکردنی ئاوی نیلە ، وەکوو موفەسیرە زاناکـــانو زاناکـــانی عولـــوومی عالـــەمی ئەڵێـــن : ڕووداوێکی موعجیزە وە یا لە یاسای سوننەتی سەر بسات خاریج بوو ، وە خودای تەعالا بۆ ئەوە کردی عالەمێکی زۆر بە قودرەتی خۆی زاناو ئاشنا بکا •

وە ئەم ڕووداوە هەرچەن لە شێوەدا بە نیعمەتێ ژمێرراوە ، بەڵام چەن نیعمەتی گەورەیە :

یەکەم : ئەگەر لە بەردەمی سوپای دوژمنا بمانایەتەوە ئەکوژران ، وە ئەگەر لە ئاوەکەیان بدایێ ئەخنکان ، خودا بە میهرەبانی خۆی لەو تەنگیەدا لە دەریاکەدا کۆڵانێکی بۆ کردنەوەو لە هەردوو مەینەتەکە رزگاری کردن •

دووەم : خودا بە تایبەتی ئەوانی دیاری کرد بەم یارمەتیە گەورە کە لە رۆزگارا ئەگێڕڕێتەوە هەتا هەتایە •

سێهەم : بە چاوی خۆیان دوژمنەکانیان بینی کە بەرباد بوونو ئاو بردنی •

چوارەم : دوژمنەکانی وەها بەربادکـردن کـە مەتـرسی هەڵدانەوەی ئەوان لەو چەرخەدا لە دڵا نەما ؛ چونکی ئەگـەر سەرۆکەکەیان بمایێت دووبارە سوپای ئەبردەوە بۆ سەریان ·

پێنجەم : لەشی فیرعەون لە دەریا کەوتە لاوە بۆ ئەوە گومانی ئەوە نەمێنێ کە فیرعەون نەفەوتاوە وە خۆی شاردوەتەوە ·

شەشەم : گەلێ لە دارایی وە زەڕو زیوی قیبطیەکـان بە موناسەبەی جەژنێکەوە لەو سەردەما کەوتە دەستی بەنی ئیسرائیل، وە ئەمەیش هەنێ لە حەقی خۆیان بوو ·

هەروا گەلێ لە نیعمەتەکان کە لەم شوێنەدا باس کراوون وە بە دیمەن لە نیعمەتێ یا دوو نیعمەت ئەچن لە کۆڵینەوەدا چەن نیعمەتی گەورەی تیا دەرئەکەوێ ·

(بۆ وردبوونەوە) ژمارەی ئەم نیعمەتانە لە سەر ریزی رووداو نیە بەڵکوو لە سەر ریزی تەماشـای موناسەبەی حاڵی بەنیئیسرائیلیەکان بەیان کراون ·

(وضربت عليهم الذلة والمسكنة) ١ ـ بێ پایەیی ئادەمیزاد وە پاشکەوتنی لە گەلێ رووەوەیە ، وە بە کورتی دوو شتی لێ پەیدا ئەبێ ؛ یـەکێ لەوانـە دیارییە ، ئەویـان پەنامەکیە · دیارییەکەیان ئەمەیە : ئەو کەسە یا ئەو گەلە لە ریزی ئادەمیزادی بەرزا جێگەی نەبێ ، یانی لە ئازادی وە سەربەستی بێ بەش بێ ، ئەمە بە عەرەبی (ذلة)ە ، وە بە کوردی سووکیو ژێردەستەیی یا ژێرچەپۆکەیییە · وە پەنامەکییەکەشیان ئەمەیە : ئەو کەسانە لە دڵی خۆیانا خۆیان بە کزو کەنەفتو بێ سەرو سامان وە بێ ئاوو نان بزانن ، وە ئەم صیفەتەیش نیشانەی لە دەرەوە دەر

ئەکەوێ ، وە غالّبا خاوەنی ئەم حالّە ناوچاویان تاریکە ، وە بێ نەشەن • ئەم صیفەتە بە عەرەبی (مسکنە) ، وە بـــە کوردی چنۆکیو چاوبرسێتییە • یەکەمیان لە بەر ئەوە دیارییە خــودا پێشی خست ، دووەمیان چونــکی وا لــە دلاّ وە ئاثــاری نەبێ دەرناکەوێ خودا خستیە دواوە •

٢ ـ ئەبێ بزانین ئایاتی قورئان بەعزێکیان ئەبن بە تەفسیرو بەیان بۆ بەعزێکیان ؛ (مەسەلا) موقەیيەدەکان ئەبن بە بەیان بۆ موطلەقەکان ، مادام لە یەك بابەت بدوون • ئێمە تەماشا ئەکەین ئەم (ضربت علیهم الذلـة والمسکنة)ە لێــرەدا موطلّەقە وە لە سوورەتی ئالیعیمرانو ئەعرافا موقەییەدە بە (الا بحبل من الله وحبل من الناس)وە • کە وابێ ئەبێ ئەو قەیدە لێرایشا تەماشا بکرێ ، وە (حبل الله) بریتییە لە خۆبەستنیــان بە پەیــمانی خوداییەوە بە هۆی پێغەمەرەکانیانەوە . وە بە هۆی رەفتــاری شەرعییانەوە ، وە (حبل الناس)یش بریتییە لە پەیوەندییان لە گەلّ خاوەن دەستەلاّتەکانی جیهان •

لە واقیعا بەنی ئیسرائیل لەو کاتەوە بەرابەر بە حەزرەتی موسا سەرکێشییان کرد ، وە عەنادو ملەجڕێیان نیشان داوە تا ئەمــڕۆ ئازادیو سەربەزییــان بریتی بووە لــەوەی لــە پالّی پێغەمەرەکانیانا ژیاوون ، وەکوو : موساو ، هارونو ، یوشعو ، داودو ، سولەیمان یا لە پەنای پاشاکانی جیهان وەکوو دەولّەتی (رۆم) یا دەولّەتی (بەریتانیا)و (ئەمەریکا) لە ئیمڕۆدا ژیابن •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ :

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە پێغــەمەری زەمانی خۆیان لە پێش ئەهلی کیتابا •

﴿ وَالَّذِينَ هادُوا ﴾ :

ئەو کەسانەیش کە ئایینی یەهوودییـــان وەرگـــرتووە لە پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیلەوە ٠

﴿ وَالنَّصَارىٰ ﴾ :

ئەو کەسانەیش کە ئایینی نەصرانییــــان بووە لە رۆژی خۆیانا ٠

﴿ وَالصَّابِئِينَ ﴾ :

ئەو گورۆهەیش کە ناو ئەبرێن بە صابیئە لـــە گورۆهی نەصرانییەکان ٠

﴿ مَنْ آمَنَ مِنْهُمْ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ﴾ :

هەر کەسێ لەوانە ئیمانو باوەڕی ساغیان بە خودای تەعالا وە بە رۆژی پاشەرۆژ وە زیندوبوونەوە بۆ پاداش بووبێ لە سەر رووناکی فەرموودەی پێغەمەرەکانیان ٠

﴿ وَعَمِلَ صَالِحاً ﴾ :

وە کردەوەی چاك بووبێ بە گوێرەی دەستووری دین ٠

﴿ فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ ﴾ :

ئەوە هەموو ئەوانە تۆڵەی باشی خۆیان وەرئەگرن بەلای خودای خۆیانەوە ٠

﴿ وَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ﴾ :

وە لە رۆژی قیامەتا لە پاش موژدەی فریشتەکان بەوانە بیمو ترسی عازابیان لە سەر نامێنێ ٠

﴿ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾(٦٢)

وە قەت زویریش نابن لەبەر نەگەیشتن بە دڵخوازی خۆیان ؛ چونکی ئەوەی دڵخوازیان بێ دەستیان ئەکەوێ ٠

وە بناغەی فەرمانی ئەم ئایەتە لە سەر ئەوەیە خودای تەعالا بۆ هەر نەتەوەیێ پێغەمەرێکی ناردووە ، وەکوو فەرموویەتی : (وان من امة الا خلا فیها نذیر) ٠ وە هەر کەسێ پەیڕەوی ئەو پێغەمەرەی کردبێ لە ئازاری پاشەرۆژ رزگـار بووە ، وە بە پاداشی باشی خۆی گەیشتووە ، وە لە سـەر ئەم یاسـایە ئـەو ئادەمیزادانەیش کە ئیمڕۆ لە رووی عەرزان هەرکەسیان پەیڕەوی حەزرەتی (محمد المصطفی) ـدـ وە ئایینی ئەویان کردبێ وە لەمەولا بیکەن لە هەر عونصورو نەتەوەیێ هەبن ئەوانیش بە پایەی رزگـاری لە ئازار وە پیرۆزی پاشـەڕۆژ ئەگـەن ، وە پێچەوانەی ئەمەیش ئەو کەسانە ئیمانو باوەڕیان نەبوو وە یا کردەوەیان باش نەبووە لەو پایەو مایە نائومێدن ٠

چەن باس لەم ئایەتەدا :

یەکەم : ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی (سەلمانی فارسی) دا ـ خودای لێ رازی بێ ـ ، ئەگێڕنەوە : کاتێ سەلمان بـە خزمەتی پێغەمەر (د) گەیشت باسی ئەو رەفیقانی خۆیە گێڕایەوە کە لە (دیری) نزیکی موصڵدا بە لایانەوە بووە وە لە سەر دینی نەصرانی بوون عەرزی کرد : ئەوانە گـەلێ عیبادەتو نوێژو رۆژوو بەندەگی خودایان بوو ، وە ناونیشانی تۆیان ئەزانی ، وە باسی گەلێ صیفاتی چاکەی ئەوانی کرد ٠٠ حەزرەت (د) لە وەڵامیا فەرمووی : ئەوانە ئەهلی عەزابن ! وە گەلێ ئەم وەڵامە

له سەر دڵی سەلمان نارەحەت بوو • جا پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەعناکەی ئەمەیە : هەرکەسێ لە هـەر زەمانێکا پەیڕەوی پێغەمەری خۆی کردبێ ئەو کەسە ئەجرو جەزای زایە نابێ • جا سەلمان زۆر دڵشاد بوو •• وە ئەو وەلامی یەکەمە کە حەزرەت (د) داویەتیەوە بە سەلمان بەر لەوە بووە کە حوکمی ئەوانە دەربکەوێ بەلایەوە •

دووەم : پرسیار کراوە : مادام لە ســـەرەتای ئایەتەکەوە (الذين آمنوا) هەیە پێویستە مەبەس لە (من آمن) لە پاشەوە شتێکی ئایری بێ ! جا بۆ وەلامی ئەم پرسیارە چـەن قسەیێ کراوە :

یەکەم : ریوایەت کراوە لە (ابن عباس)ەوە ـ خودایان لێ رازی بێ ـ کە مەبەس لە (الذين آمنوا) ئەوانەیە کە لە پێش رەوانەکردنی حەزرەتی محەمەدا (د) ئیمانیان هێناوە بە حەزرەتی عیسا ـع ـ وە لە شتی پڕو پووچی نەصرانیەکان دوور بوون ، وەکوو (حەبیبی نەجار)و (قیس بن ساعدە)و (بحیرای راهب)و (زیدی کوڕی عمری کوڕی نفیل)و (وەرەقەی کوڕی نەوفل)و (سەلمانی فارسی)و (ئەبو زەڕی غەفاری) ـ خودایان لێ رازی بێ ـ • یانی خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کە لە پێش رەوانەکردنی حەزرەتی محەمەدا (د) ئیمانیان هێناوە بە عیسا ، وە ئەو کەسانەیش کە گیرۆدەی تەحریفەو تەبدیلی کتێبەکان بوون هەر کام ئیستە بێت ئیمان بێنێ بە (محمد المصطفى) (د) ئەوە لە ئازار رزگار ئەبن ، وە بە پاداشی سوودمەند ئەگەن بەلای خودای تەعالاوە •

دووەم : ریوایەت کراوە لە سوفیانی ثەورییەوە کە مەقسەد لە (ان الذین آمنوا) ئەوانەن کە بە زمان ئیمانیان هێناوە وە لە دلّا باوەڕو ئیمانیان نەبووە کە (منافەقەکانن) وە مەقسەد لە (من آمن) ئەو کەسانەن کە بە ساغی بە دڵو زمان خاوەن ئیمانن • یانی ئەو موسوڵمانە منافقە دووڕووانەو یـەهوودو نەصرانیو صوببی هەرکەس لەمانە بێت بە راستی ئیمان بێنێ بەوەی پێویستە ئەوانە لە ئازاری قیامەت رزگارن وە بە پاداشی باش ئەگەن لە لای خودای خۆیانەوە •

سێهەم : بیری عولـەمای موتەکەللیمینە کە فەرموویـانە : مەقسەد لە (ان الذین آمنوا) ئەو کەسانەیە لە پێش هاتنی ئەم ئایەتەدا بە ساغی ئیمانیان هێناوە بە حەزرەتی (محمد المصطفی) (د) • وە مەقسەد لە (من آمن) لە پاشەوە ئیمانو باوەڕێکە کە لە موستەقبەلا بمێنێتەوە . یانی : ئەو موسوڵمانانە کە لەمەوپێش ئیمانیان هێناوە وە کۆمەڵی جوولەکەو گاورو صوببی هەرکام لەمانە لە موستەقبەلا لەسەر ئیمان بە خوداو پێغەمەری خـودا (محمد المصطفی) ـدـ وە باقی ئەرکانەکانی تر دەوامدار بن ئەوانە ئەگەن بە رزگاریو سەرفرازی بە لای خودای خۆیانەوە •

چوارەم : مەقسەد لە (ان الذین آمنوا) ئەوانەن کە بە ئیجمالو کورتی ئیمانیان هێناوە ، وە مەقسەد لە (من آمن) ئیمانی تەفصیلییە • یانی : ئەو موسوڵمانانە کـە بە ئیجمال ئیمانیان هێناوە ، وە ئەو کیتابییانەنەیش ئەیانەوێ ئیمان بێنن هەرکەس بە تەفصیل وە چاوڕوونی ئیمان بێنێ بە هـــەموو بەندەکانی ئیمان ، وە فەرمانبەرداری حەق بکا •• ئەوانە وەهانە کە رزگار وە سەرفرازن •

پێنجەم : مەقسەد لە (ان الذین أمنوا) ئەو کەسانەن کە تەنیا ئیمانیان بە خودا بووە ، وە موبالاتیان بە باقی ئەرکانی ئیمان نەبووە کە مەشهوورن بە (یەزدانپەرست)وە ئەمانە تەبعەن لە پاش رەوانەکردنی پێغەمەر مادام ئیمـان نەیێنن بە پێغەمەر بە کافر ئەناسرێن • یانی : ئـــەو یەزدانپەرستانەو جوولەکەو گاوڕو صوببی هەرکام بێن بە شێوەی راستو رەوان ئیمان بێنن بە خوداو بە پێغەمەر (د) وە بە باقی بەندەکانی ئیمان ئەوانە رزگارو سەرفرازن •

شەشەم : مەقسەد لە (ان الذین امنوا) ئـــەو موسوڵمانە ساغانەن کە لە پێش چەرخی کیتابیەکانا بـــوون ، وە مەبەـــست لە (من آمن) ئیمـــانە بە یەکـــە یەکـــە بەنـــدو یاســـای دینی پێغەمەرەکەیان ، وەکوو لە سەرەوە نووسیم ، یانی : ئەو کەسانە کە لە چەرخە کۆنەکانا ئیمانیان هێناوە بە پێغەمەرەکانو ئەو یەهوودو نەصرانیو صوببیانەیش کە وەختی خـــۆی ئیمانیان هێناوە بە پێغەمەرەکانی خۆیان . وەکوو ئەو کەسانەیش ئیمڕۆ ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە حەزرەتی محەمەد (د) هەموو رزگارو سەرفـــرازن : چونـــکی (ســـنة الله) لـــە ئادەمیزادا ناگۆڕێ وە هەرکەس لە عەهدی هەر پێغەمەرێکا بووبێ مادام فەرمانی ئەو پێغەمەرەی وەرگرتبێ ئەهلی نەجات بووە • وە ئەم یاسایە هەروا دەوام ئەکا هەتا هەتایە ، بەس ئەوەندە هەیە کە دینی (محمد المصطفی) ـدـ دەوامدارە هـــەتا قیامـــەتو لە زەمانی هاتنی محەمەدەوە هەتا رۆژی قیامەت پێویستە ئیمان لە ســـەر ئایینو نیزامی دینی ئەو بێ •

★ ★ ★

﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ ﴾ :

باسی ئەو چەرخە بکەن کە پەیمانمان وەرگرت لە پێشینانتان لە سەر پەیرەوی موساو رەفتار بە تەورات ٠

﴿ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ ﴾ :

وە کێوی طووری سینام بە سەرا بەرزکردنەوە ، بۆ دەربڕینی هێزی خۆم ٠

﴿ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ ﴾ :

وە پێموتن : ئەم کتێبە پیرۆزە وە ئەم ئایین‌و دینە کە پێمداون وەربگرن ، بە دڵئەستووری ، وە رەفتاری پێ‌بکەن بە راستی ٠

﴿ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ (٦٣)

وە ئەوەی لەو کتێبەپیرۆزەدا هەیە بیخوێننەوە وە بە خەڵکی نیشان بدەن بەڵکوو هەمووتان خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی‌و گورفتاری ئازاری خودا نەبن ٠

﴿ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ ﴾ :

کەچی پاش ئەوە کە پەیمانتان کرد لەسەر وەرگرتنی‌و رەفتار پێ‌کردنی پشتتان لێ‌هەڵکردو دەستان کرد بە نافەرمانی ٠

﴿ فَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ ﴾ :

جا ئەگەر زیادە کەرەمی خوداو میهرەبانی ئەوتان لەسەر نەبوایێ بە هۆی ئەوەوە کە تەوفیقی دان لە سەر تۆبەو

پەشیمانی ، وە یا بە هـۆی ئەوەوە کـە لـە پاش موسـا هەم پێغەمەرانم نارد بۆ سەرتان ، لە بەنی ئیسرائیلەوە ئایینم بۆ تازەکردنەوە ، وە یا بە هۆی ئەوەوە کە پێغەمەری ئاخر زەمانم نارد بۆ سەر هەموو عالەم وە بوو بە هۆی رزگاری ئەوانەتان ئیمانی پێ دێنێ ٠

﴿ لَكُنْتُمْ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ (٦٤)

ئەبوون بەوانەی کە لە رۆژی پاشەرۆژا بە زیانکردوو وە بەدبەخت ئەژمێررێن ٠

ریوایەت کراوە : کاتێ حەزرەتی موسا تەوراتی هێنا بۆ قەومەکەی وە لە فەرمانەکانی گەییشتن کە گرانن گەلێ لە بەنی ئیسرائیلیەکان لە وەرگرتنی یاسای تەورات سەرکێشییان کرد ٠ جا خوادی تەعالا کێوی طووری لە بن هەڵکەندو بەرزی کردەوە بە سـەریانا وەکـوو چەتـر ، تـا ئـەوانیش گەڕانـەوە بۆ فەرمانبەرداری ، وە ئەم کارەساتە بوو بە یەکێ لە موعجیزە گەورەکان بۆ موسی ـ علیه السلام ـ ٠

وە ئەو رەخنەیە کە هەنێ کەس گرتوویە وە وتوویە : دین بە زۆر دانامەزرێ ! هەڵەیە ؛ چونکی ئادەمیزادی خاوەن هۆش‌و بیری پاك پێویستی بە موعجیزە نیە ، بەڵام ئینسانی سەرکێشی بەدخوو بە بێ هێز لە هیچ چەرخێکا فەرمانی حەقیـان بەجێ نەهێناوە ٠ کە وابێ ئەبێ خودا ئەوانە بەو سەرکێشییەوە بەرەڵلا بکا ! ئەمەیش خیلافی یاسای کائینات‌و نیظامی عالەمە ٠

وە هەنێ زانایان فەرموویانە : بەرزکردنەوەی کێوی طوور بە سەر بەنی ئیسرائیلدا بۆ ترساندنیان نەبووە ، بەڵکوو بۆ

ئەوە بووە کە دڵیان بە راستی پێغەمەرایەتی موساو تەورات ئەستوور ببێ : چونکی هەتا ئیشی خاریق زۆرتر بێ دڵی ئینسان دامەزراوتر ئەبێ ٠

﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنْكُمْ فِي السَّبْتِ ﴾ :

ئەی نەتەوەی ئیسرائیل ، قەسەم بە زاتی خۆم ! ئێوە ئەزانن بەو کەسانە کە لایان دا لە فەرمانی من لە رۆژی شەمەدا ٠

﴿ فَقُلْنَا لَهُمْ : كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ﴾ (٦٥)

منیش قارم لێ‌گرتن‌و پێم‌وتن : ببن بە مەیمونی سووکی بێ نرخ ٠

﴿ فَجَعَلْنَاهَا نَكَالًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِلْمُتَّقِينَ ﴾ (٦٦)

جا ئەو شێوە گۆڕانەم کرد بە هۆی عیبرەت‌و دەرز وەرگرتن بۆ ئەو کۆمەڵەی لەو چەرخەدا بوون‌و بۆ ئەوانەیش پاش ئەوان ئەبن ، وە بە هۆی ئامۆژگاری بۆ ئەوانە ئەیانەوێ لە خودا بترسن ٠

ئەم کارەساتە لە چەرخی حەزرەتی (داود)دا رووی دا ٠ موفەسیران ئەڵێن : لە چەرخی داودا گەلێ لە بەنی ئیسرائیل لە قەراخی دەریای (ئەیلە)دا نیشتەجێ بوون وە پیشەیان ماسی‌گرتن بوو ، جا خودای تەعالا لە سەر ئایین لەو رۆژەدا فەرمانی دا کە لە رۆژی شەمەدا خەریکی عیبادەت بن وە ماسی نەگرن ٠٠

ئەوانیش ئەمەیان پێ ناخۆش بوو ، وە چـــوون لە قەراخی دەریاکەدا چەن گۆمەڵکەیەکیان هەڵکەند ، وە لـــە بەینی ئـــەو گۆمەڵکەو دەریاکەدا جۆگـــەلەیان راکێشا ، لە رۆژی شـــەمەدا ماسیەکان ئەڕۆیشتنە ناو گۆمەڵکەکان وە لە رۆژی یەك شەمەدا ئەڕۆیشتن بۆیان دەریان ئەهێنان ، وە بەو فێڵە لە فەرمانی خودا لایان دا • وە خوای تەعالا قاری گرت لەو کەسانە ئەم فێڵەیان کرد ، وە شێوەی گۆڕین بە مەیموون ، وە ئەو کەسانە پاش ئەوە سێ رۆژ ژیان ئیتر مردن وە ئەم باسە دەنگی داوە لە وڵاتا •

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ : إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحوا بَقَرَةً ﴾ :

باسی ئەو چەرخە بکەن کە موسا (ع) فەرمووی بە قەومەکەی: بە راستی خودای تەعالا فەرمانی داوە کە گایێ سەربیڕن بۆ دەرکەوتنی پیاوکوژەکان •

﴿ قَالُوا : أَتَتَّخِذُنَا هُزُواً ؟! ﴾ :

ئەوانەیش کە ئەمەیان بە موناسب نەزانی ، وتیان : ئایا تۆ ئێمە ئەکەی بە جێگەی گەپو گاڵتە ؟!

﴿ قَالَ : أَعُوذُ بِاللهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الجَاهِلِينَ ﴾(٦٧)

موسا فەرمووی لە وەڵاما : پەنا ئەگرم بە خوا لەوەی کە ببم بەو نەزانانە ئیشی بێسوود ئەکەن !

﴿ قَالُوا : ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا هِيَ ﴾ :

ئەوانیش کە حاڵی بوون لە وەزعەکە عەرزی موسایان کرد :

داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان روون بکاتەوە ئەو گایە چۆن گایەکە ٠

﴿ قَالَ : إِنَّهُ يَقُولَ : إِنَّها بَقَرَةٌ لا فَارِضٌ وَلا بِكْرٌ عَوانٌ بَيْنَ ذَلِكَ ﴾ :

موسا فەرمووی : خودای تەعالا ئەفەرمویّت : ئەو گایە گایەکە نە زۆر پیرەو نە زۆر جوانە ، بەڵکوو میانە ساڵە ٠

﴿ فَافْعَلُوا مَا تُؤْمَرُونَ ﴾ (٦٨)

دەی زوو ئەوەی پیّتان وتراوە بیکەن :

﴿قَالُوا : ادْعُ لَنا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا لَوْنُهَا ؟﴾:

ئەوانیش عەرزی موسایان کردەوە : داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان رۆشن بکاتەوە رەنگی ئەو گایە چۆنە ؟

﴿ قَالَ : إِنَّهُ يَقُولُ : إِنَّها بَقَرَةٌ صَفْراءُ فَاقِعٌ لَوْنُهَا ﴾ :

موسا فەرمووی : خودا ئەفەرمویّت : ئەو گایە رەنگی زەردیّکی تەواو زەردە ٠

﴿ تَسُرُّ النَّاظِرِينَ ﴾ (٦٩)

ئەوەندە زەردیّکی جوانە دڵی تەماشاکەران خۆش ئەکا ٠

﴿ قَالوا : ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا هِيَ ﴾ :

هەم عەرزیان کردەوە وتیان : داوا بکە لە خودای خۆت بۆمان روون بکاتەوە ئەو گازەردە تۆخە چ نیشانەییکی هەیە ؛ چونکی گای زەردی تۆخ زۆرە ٠

﴿ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا ﴾ :

ئەو گازەردە تۆخە گۆڕاوە لە سەرمان ؛ چونکی گەلێ گای زەردی تۆخ هەیە ٠

﴿ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ لَمُهْتَدُونَ ﴾ (٧٠)

وە ئێمە ئینشائەڵلا نزیكبووینەتەوە لە شارەزایی بە مەبەست ٠

﴿ قَالَ : إِنَّهُ يَقُولُ : إِنَّهَا بَقَرَةٌ لا ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلا تَسْقِي الْحَرْثَ ﴾ :

موسا فەرمووی : خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەو گایە گایەکی وایە نە رام کراوە لە سەر جووتکردن تا زەوی بکێلێ وە نە رام کراوە لە سەر ئاوکێشان بۆ ئاودانی کشتوکاڵ ٠

﴿ مُسَلَّمَةٌ ﴾ :

پاکە لە عەیب ٠

﴿ لا شِيَةَ فِيهَا ﴾ :

خاڵو نیشانەی ئایری لە ڕەنگەکەی تیا نیە ٠

﴿ قَالُوا : الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ ﴾ :

جا بەنی ئیسرائیلیەکان عەرزیان کرد : ئیستە نیشانەیەکی ساغی وەهات ناو برد بۆمان کە لە لامان دەرکەوت مەبەست چیە ٠

﴿ فَذَبَحُوهَا ﴾ :

جا هاتن گایەکی وەهایان پەیدا کردو سەریان بڕی ٠

﴿ وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ ﴾ (٧١)

(والحال) له سەر ئارەزووی خۆیان نەیانئەویست ئەو گا سەربڕن ، بەلام کە بەهانەیان نەما چاریان نەما لە سەربڕین زیاتر وە سەریان بڕی ·

﴿ وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْساً ﴾ :

باسی ئەو کارەساتە بکەن لەو کاتەدا کە یەکێکتان لە خۆتان کوشت ·

﴿ فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا ﴾ :

وە پاش کوشتنەکەیشی لە ناو خۆتانا ئاشووبتان هەستان وە بە یەکاچوون لە هۆی دەرخستنی پیاوکوژەکەوە ·

﴿ وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ ﴾ (٧٢)

واتان ئەزانی بەم فڕو فێڵە پیاوکوژەکە ون ئەکەن ، بەلام خوای تەعالا ، ئەوەی کە ئێوە ونتان ئەکـرد ، دەریخست لە خەلکی ولات ؛ تا ببێ بە موعجیزە بۆ حەزرەتی موسا ·

﴿ فَقُلْنَا : اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ﴾ :

وە لە پاش سەربڕینی گایەکە وتمان : بدەن لەو کوژراوە بە پارچەیێ لە گۆشتی ئەو گایە ، تا کوژراوەکە زیندوببێتەوە وە ناوی ئەو کەسە ببا کە کوشتوویەتی · وە (بالفعل) وایان کرد وە پیاو کوژەکە دەرکەوت ·

﴿ كَذلِكَ يُحيِي اللهُ الْمَوْتى ﴾ :

هەر بەم شێوە کە دوورە لە عەقڵی خەڵکەوە خودای تەعالا لە کاتی خۆیا مردووان زیندوو ئەکاتەوە ٠

﴿ وَيُرِيكُمْ آياتِهِ ﴾ :

هەروا لە دنیایشا نیشانەکانی دەستەڵاتی خۆیتان پیشان ئـەدا ٠

﴿ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ (٧٣)

بەڵکوو تێبگەن کە خودای تەعالا هەموو شتێکی مومکینی پێ ئەکرێ ٠

روونکردنەوەی ئەم باسە :

وەکوو لە تەفسیرە گەورەکانا ئەڵێت : پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لە ناو بەنی ئیسرائیلدا تاقە کوڕێکی بوو ، جا برازاکانی ، بە تەمای وەرگرتنی داراییەکەی ، بە دزییەوە کوڕەکـــەیان کوشت ، وە لە قەراخی ئاوەدانییەکەوە فڕەیان دا ٠ وە هــەر خۆیان بە فێڵ دەستیان کرد بە ئاشووب لە ناو خەڵکا وە گەلێ کەسیان ناو برد بە قاتڵی ئەو کوڕە ، تا ئەم کارەساتە گەیشت بە حەزرەتی موسا (ع) ، ئەویش داوای کرد لە خودای تەعالا ئەو پیاوکوژەیان بۆ دەربخا ٠ خودایش فەرمانی دا کە گایـــێ سەرببڕنو بە پارچەیێ لە گۆشتی گایەکە بدەن لە لەشی کابرای کوژراو زیندوو ئەبێتەوە وە ناوی پیاو کوژەکە ئەبا ٠٠ وە ئەگەر بە گورجی گایەکیان سەر ببڕیایە هەر جۆرە گایە ببوایە ئیشەکە جێبەجێ ئـەبوو ، بەڵام ئـەوان لە بیمی دەرکەوتنی

کارەساتەکە ملەجڕێیان کردو چەن پرسیاریان کرد ، لە ناونیشانی ئەو گایە هەتا لە ئەنجامی نیشانەکانا بە چەن زەحمەت گایەکیان دەسکەوت بە نرخێکی گران کڕییانو سەریان بڕی ، وە بە پارچەیێ لە رانی گایەکە دایان لە لەشی کابرای کوژراو وە زیندوو بووەوەو هاتە زمان وە ناوی ئەو کەسەی بـرد کوشتوویەتی وە پیاوکوژ شەرمەسار بوو • بەم موعجیزە ئەم کارەساتە بڕایەوە •

مومکینە هەر لەسەر ئەم کارەساتە بێ ئەوەی لە تەوراتدا هەیە کە : هەرکاتێ کەسێ بکوژرێ وە قاتڵەکە دیار نەبێ دێن گایێ سەرئەبڕن لە سەر ئاوێکی رەوانا وە پیاوە مناسبەکانی ئەو شوێنە کە نزیکن لە شوێنی کوشتنی کوژراوەکەوە گردئەبنەوە لەویا ، وە دەستیان ئەکەن بە خوێنی ئەو گا سەربڕاوەدا وە ئەڵێن : (ئێمە خوێنی ئەو کوژراوەمان نەڕژاندووە ، خودایە لێمان ببوورە ! وە قاتڵەکەمان بۆ دەربخە) •

وە ئەم دەستخوێناوی کردنەو ئەم چەن وشەیە لە لایان زۆر دشوارە ، وە هەرکەس لەوخوێنا وە لەو کوشتنا دەستی بووبێ لە ترسی قاری خودا ناوێرێ بێت تێکەڵی ئەو کۆمەڵە ببێ ، وە دەستی خوێناوی بکا وە ئەو وتارە بڵێت •

﴿ ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذٰلِكَ ﴾ :

جا پاش ئەوە بە چاوی خۆتان دیتان ئەو کوژراوە زیندووەوە بوو لە باتی ئەوە دڵتان نەرم ببێ دڵتان لە جاران رەقتر بوو •

﴿ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ﴾ :

وە دڵتان وەکوو بەرد بەڵکوو زیاتر رەق بوو •

﴿ وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ ، وَإِنَّ مِنْها لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللهِ ﴾ :

به دەلیلی ئەوە هەنێ بەرد لە سەر فەرمانی خودا روباری ئاوی لێ‌هەڵئەقوڵێ ، وە هەنێ بەرد لەت ئەبێ وە ئاوی لێ دەرئەچێ ، وە هەنێکیان لە سەر بەرزییەوە دائەڕووخێ‌و دائەپەڕێ لە بیمی خودا ، بەڵام دڵی ئێوە لە پاش ئەو هەموو کارەساتە چاوتان پێ‌کەوت رام نابێ بۆ فەرمانی خودا ٠

﴿ وَمَا اللهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (٧٤)

جا بزانن کە خودای تەعالا بێ ئاگا نیە لەو کردەوانە ئێوە ئەیان کەن وە لە کاتی خۆیا تۆڵەتان لێ‌ئەسێنێتەوە ٠

ئەم ئایەتە بەرزە نوێنەری گەورەیی خودای تەعالایە ، یانی جیهان هەمووی رامە بۆ فەرمانی خوا ، جا ئەوەی بێ‌گیانە یا خود گیاندارە بەڵام عەقڵی نیە لە سەر شێوەی تایبەتی خۆی رامە بۆ فەرمانی خودا ، وە ئەوەیش کە گیاندارەو هۆشیارە هەر لە ژێر هێزی خودادایە بەڵام هۆشیاری کردووە بۆ ئەوە بە خواستی خۆی لە سەر یاسای ئایین‌و نیظامی حەق بجووڵێتەوە ، وە پێویستە بۆیان کە رام بوونی جیهان بکەن بە سەر مەشقێ بۆ خۆیان وە لە قاری خودا بترسن وە خودا بپەرستن وە هەر فەرمانێکی دا بە جێگەی بێنن ئەنا خودا لە سەر یاسای دامەزراو تۆڵەیان لێ ئەسێنێتەوە ٠

وەهایە یاسای خوداپەرستی
نەکەویتە دووی هەواپەرستی

یاسای حەقیقەت بکەی بە سەرمەشق
بە دڵ لابدەی لە ڕێگای پەستی

جا پاش گێڕانەوەی ئەم کارەساتانە خوای تەعالا ڕوو ئەکاتە حەزرەتی محەمەد (د) وە پەیڕەوەکانی وە بە شێوەی تێگەیاندن لە حەقیقەتی حاڵی بەنی ئیسرائیلیەکان ئەفەرموێت :

﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَنْ يُؤْمِنُوا لَكُمْ ؟ ﴾ :

ئایا ئێوە بە تەمای ئەوە هەن کە ئەم بەنی ئیسرائیلیە سەرسەختە دڵڕەقانە ئیمانو باوەڕ بێنن بەم ئایینە کە بۆ ئێوە **هاتووە ؟!**

﴿ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللهِ ﴾ :

(والحال) چینی پێشینی ئەمانە وتاری خــــوای تەعالایان ئەبیست وەکوو تەورات بێ لە موسا ، وە تێ ئەگەیشتن لە یاسای دینی خۆیان و شێوەو نیشانەکانی پێغەمەری ئاخرزەمانیشیان وەر ئەگرت .

﴿ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ ﴾ :

لە پاشان ئەوەی بیستبوویان وە چاویــان پێکەوتبوو لە ئایاتی تەورات یا بە تەواوی لایان ئەبرد لە تەوراتا وە شتی تریان بە ئارەزووی خۆیان دا ئەنا لە شوێنیا ، وە یاخود هەڵیان ئەگێڕاوە لە مەعنای ڕاست بۆ مەعنایەکی لاری نابار لە گەڵ حەقیقەتا .

﴿ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ (٧٥)

وە ئەشیانزانی ئەم کردەوەیانە هەڵە وە ناڕەوایە وە ئەم جۆرە شێوە ناپەسەندە لە ناویانا دەست بە دەست وە پشت بە پشت هاتووەتە خوارەوە ٠

﴿ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا : آمَنَّا ﴾ :

جا کاتێ خودا یاسای پێشینانی بەیان کردن ئەمجار بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئەو بەدبەختییە لە ناویانا دەوام ئەکا باسی حاڵی بەنی ئیسرائیلیەکانی زەمانی پێغەمەریش ئەکا ٠ ئەفەرموێت : کاتێ ئەمانە ئەکەن بە موسوڵمانەکان بە دووڕوویی پێیان ئەڵێن : ئیمانمان هەیە بەم کتێبو ئایینە کە هاتووە بۆ ئێوە وە باوەڕمان هەیە بەم پێغەمەری ئاخرزەمانە ٠

﴿ وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ ﴾ :

وە لە کاتێکیشا بازێکیان بە تایبەتی لە گەڵ بازێ تریانا ئەکەوتنە یەك ٠

﴿ قَالُوا : أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللهُ عَلَيْكُمْ ! ﴾ :

رەخنەیان ئەگرت لەوانەیان کە ئیمانی خۆیان دەربڕیوە وە دانیان ناوە بەو نیشانانەی پێغەمەری ئاخرزەمانا کە لە تەوراتا هەیە وە ئەیانوت : ئەوە چۆن ئێوە باسی ئەو شتانە ئەکەن بۆ موسوڵمانەکان کە خودا ناردوویە بۆ ئێوە لە تەوراتدا وە دەرگای زانستی کردووەتەوە لە سەرتان ؟ وەکوو ئەخـلاقو شێوەی پێغەمەری ئاخرزەمان !

﴿ لِيُحَاجُوكُمْ بِهِ عِنْدَ رَبِّكُمْ ﴾ :

تا ئەم موسوڵمانانە موجادەلەتان لە گەڵا بکەن بەو شتانە کە لە خۆتانیان وەرگرتووە ، وە زاڵ ببن بە سەرتانا لە کاتی باسی ئایینو شەریعەتی خودا وە ناردنی پێغەمەری ئاخر زەمان لە مەجلیسی پێغەمەری گەورەدا ٠

﴿ اَفَلا تَعْقِلُونَ ؟ ﴾ (٧٦)

ئایا نافامن ئەم کردەوانە زیانی هەیە بۆتان ؟

﴿ اَو لا يَعْلَمونَ اَنَّ اللهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ؟! ﴾ (٧٧)

عەجەبا ئەم بەنی ئیسرائیلیانە نازانن بەوە کە خودای تەعالا ئاگادارە وە ئەزانێ بەوەی کە پەنهانی ئەکەن وە ئەیشارنەوە ؟ وەکوو بێ باوەڕی وە بێ ئیمانی خۆیان وە ئەوەیش کە دەری ئەبڕن وەکوو نیفاقو دووڕوویی لە گەڵ موسوڵمانانا وە تۆڵەیان لێوەرئەگرێتەوە !

﴿ وَمِنْهُمْ أُمِيُّونَ لا يَعْلَمون الْكِتَابَ ﴾ :

وە لە بەنی ئیسرائیلیشە گەلێ وەها کە نەخوێندەوارن وە ئاگایان نیە لەوەی لە تەوراتا وە لە باقی کتێبەکانا هەیە ٠

﴿ اِلاَّ أَمَانِيَّ ﴾ :

بەڵام هەنێ ئارەزوو خەیاڵاتی پڕو پووچ هەیە لە دڵیانا کە لە خوێندەوارە دەستبڕەکانیان وەرگرتووە ، وە کوێرانە کەوتوونەتە شوێنی ٠

﴿ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ ﴾ (٧٨)

وه بەرابەر بەم شتە پڕو پووچانەیش وەنەبێ عیلمو زانستی ساغیان ببێ ؛ چونکی شتەکان بێ دەلیل وە بێ بناغەن ، بەڵکوو هەر گومانێکی دوور لە ڕاستییان هەیە بە ڕاستی ئەوەی کە وەریان گرتووە وە گومانیش ئەنجامێکی باشی نیە ·

بێـــداری :

لە سەر ئەم تەفسیرە کە نووسیمان مەقسەد لە (الکتاب) کتێبی خودایە وەکـوو تـەورات بێ وە ئیستیثنای (امانی) ئیستیثنای (منقطع)ە ؛ چونکی (امانی) بە مانا خەیاڵاتی پڕو پووچ وە یا بە مانا درۆی هەڵبەستراو لە کتێبی خودادا نیە · بەڵام ئەم مانا لە گەڵ ئایەتی پاشەوە مناسب نیە ، وە باشتر لەم تەفسیرە ئەوەیە کە مەقسەد لە (الکتاب) هەموو نووسراوێ بێ چ حەقو چ باطڵ ، وە مەقسـەد لە (امانی) نووسـراوی پڕو پووچ بێ ، بە تەقدیـری موضاف وەکـوو کیتاب ، ئەمجـار تەفسیرەکەی وا ئەبێ:وە هەنێ لە ئیسرائیلیەکانیش نەخوێندەوارن وە لە خۆیانەوە هیچ نووسراوێ نازانن ئیللا ئـەو نووسراوە پڕوپووچانە کە زاناکانیان لە لایەنی خۆیانەوە ئەیاننووسنەوە لە سەر ئارەزووی خۆیان وە رایان ئەگەیەنن بە نەخوێندەوارەکانا وە ماناکانیان تێ ئەگەیەنن ، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەو نووسراوانە شتی ڕاست نین ، وە دەلیلیان لە سەر نیە ئەو نەخوێندەوارانە بەرابەر بەو نووسراوانە هـەر خاوەن گـومانن وە زانستێکی ساغیان نیە بەس بە تەقلیدو دواکەوتن وەرئەگرن لەوانەوە ·

وە لە سەر ئەم تەفسیرە ئیستیثنای (امانی) ئیستیثنای (متصل)ە وە لە گەڵ ئایەتی دواییشا موناسبە ·

جا ئەمجار خودای تەعالا بە شێوەی هەڕەشە لەو زانایانە کە ئەم نووسراوە دەست هەڵبەستانە بڵاو ئەکەنەوە ئەفەرموێت :

﴿ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ﴾ :

وەیل بۆ ئەو زانا نامەردانەیە کە کتێب ئەنووسن بە دەستی خۆیان ، یانی لە لایەنی خۆیانەوە وە بە ئارەزووی خۆیان بێ فەرمانی خودا وە بە بێ موافەقەی کتێبی خودا ٠

﴿ ثُمَّ يَقُولُونَ : هذا مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ :

لە پاشان ئەڵێن بە نەخوێندەوارەکان : ئەم نووسراوە لە لایەنی خوداوە هاتووە ، وە دەستی ئەو داماوانەیان پێ ئەبڕن ٠

﴿ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً ﴾ :

ئەمەیش بۆ ئەوە ئەکەن هەتا بەرابەر بەو نووسراوانە قیمەتێکی بێ قابیلیەت وەربگرن : چونکی نووسراوەکان لەسەر هەوای ئەو نەفامانەیە . وە بەرابەر بەوانە خزمەتیان ئەکەن ، دووبارە هەر بۆ تەئکید ئەفەرموێت :

﴿ فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ ﴾ :

وەیل بۆ ئەو زانایانەیە بە هۆی ئەو نووسراوانەوە کە بە دەستی خۆیان ئەیاننووسن وە ئەڵێن : ئەمە کتێبی خودایییە ٠

﴿ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ ﴾ (٧٩)

وە وەیل بۆ ئەو زانایانە بەرابەر بەو ماڵە کە بەم حاڵە پەیدای ئەکەن ٠

جا بۆ دەربڕینی هەنێ لەو پڕو پووچانە کە زانایانی

ئیسرائیلی نووسیویانەو بڵاویان کردووەتەوە بە ناو خەڵکا خوا ئەفەرموێت :

﴿ وَقالُوا : لَنْ تَمَسَّنا النّارُ إلاّ أيّاماً مَعْدودَةً ﴾ :

ئەو بەنی ئیسرائیلییە لە ڕێگەلاداوانە ئەڵێن : ئەوانەیشمان کە تاوانبارن ئاگری دۆزەخ لێمان ناکەوێ ئیللا چەند ڕۆژێکی کەمی هەڵبژێراو نەبێ ، کە بریتییە لە چل ڕۆژ ، بە قەی ڕۆژانی گوێرەکە پەرەستیەکەمان ، وە یاخود بە قەی ڕۆژی حەفتە · ئەم قسە پڕو پۆوچانە زانا درۆزنەکان نووسیویانە وە نەزانە نەفامەکانیش پێی بایی بوون ·

﴿ قُلْ : أتَّخَذْتُمْ عِنْدَ اللهِ عَهْداً فَلَنْ يُخْلِفَ اللهُ عَهْدَهُ ؟ ﴾ :

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بەوانەی ئەم قسە ئەکەن : ئایا ئێوە لە سەر ئەم قسە کە ئەیکەن وەعدێکتان لە خودای تەعالا وەرگرتووە تا ئێمە بڵێین ڕاستە وە خوای تەعالا قەت لە وەعدەی خۆی لانادا ؟

﴿ أمْ تَقُولُونَ عَلَى اللهِ ما لاتَعْلَمُونَ ؟ ﴾ : (٨٠)

یان وەعدتان لە خوا وەرنەگرتووە بەڵکوو هەر بە هەڵبەست لە سەر خودا شتی وا ئەڵێن کە ئاگاتان لە بوونو نەبوونی وە ڕاستیو ناڕاستی نیە ؟

﴿ بَلى ﴾ :

نەخەیر ئەوەی ئێوە ئەیڵێن وا نیە وە ئێوە عەزابو ئازارێکی نەبڕاوەتان هەیە ·

﴿ مَنْ كَسَبَ سَيِّئَةً ﴾ :

چونكى كەسێ تاوان بكا •

﴿ وَأَحاطَتْ بِهِ خَطيئَتُهُ ﴾ :

وە ئەو تاوانەی داگیری بكا لە هەموو لایەكەوە وە بیرو باوەڕی راست لە دڵیا نەیەڵێ ، وە كردەوەی چاكە لە بەر خواستی خوا نەكا ، وە لەو تاوانبارییەی نەگێڕرێتەوە •

﴿ فَاُولَئِكَ أَصْحابُ النّارِ هُمْ فيها خالِدُونَ ﴾ : (٨١)

ئەوە ئەو كەسانە بە راستی وان لە ئاگری دۆزەخا وە هەتا هەتایە ئەمێننەوە تیایا •

﴿ والَّذينَ آمَنُوا ﴾ :

وە ئەو كەسانەیش ئیمانیـــان بـــە خوداو پێغەمەرانو فەرموودەكانی ئەوان هەبێ •

﴿ وَعَمِلُوا الصّالِحاتِ ﴾ :

وە ئەو كردەوانەیش كە باشنو رێكی فەرمانی خـــودان بیكەن •

﴿ أُولئِكَ أَصْحابُ الْجَنَّةِ هُمْ فيها خالِدُونَ ﴾ : (٨٢)

ئەوانە خاوەنی نشنگەی بەهەشتن وە لە بەهەشتا ئەمێننەوە هەتاهەتایە •

ورد بوونەوەیێ :

مەبەس لە (ئیحاطەی خەطیئە) لە ئایەتە پێشـــووەکەدا ئەوەیە کە تاوان ئەو ئینسانەی داگرتبێ ، وە تاریکی کردەوەی خراپ هێرشی هێنابێ بە سەر دڵیا ، وە ئیمانو باوەڕی تێـــدا نەهێشتبێ ـ پەنا بەخودا ! جا ئەو جارە ئەو تاوانبارە بە کافــر ئەناسرێ وە هەتا ئەبەد لە دۆزەخـــا ئەمێنێتەوە • ئیتر مەبەس لە (ئیحاطەی خەطیئە) ئەوە نیە کابرا ئیمانو باوەڕی لە دڵا مابێ بەڵام گەلێ تاوانی هەبێ ؛ چونکی مادام ئیمانو باوەڕ لە دڵـــی ئینسانا بمێنێ لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەتو جەماعــەت با هەزاران گوناح بکا هەر بە موسوڵمان ئەناسرێ ، وە شیاوە بۆ تاوانپۆشی لە لایەنی خودای میهرەبانەوە • وەکوو خودای تەعالا ئەفەرموێت : (ان الله لایغفر ان یشرك به و یغفر ما دون ذلــك لمن یشاء) **والله أعلم •**

﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ ﴾ :

باسی ئەو چەرخە بکە بۆ بەنیئیسرائیلیەکان وە بۆ ئوممەتی خۆت بۆ تێگەیشتن لە واقیعی حاڵی ئەوانە کە بە هۆی مووساوە عەهدو پەیمانیان وەرگرت لێیان •

﴿ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ ﴾ :

کە ئێوە پەرستشی غەیری خودای عالەم ناکەن ، یانی غەیری ئەو خودایە مەپەرستن •

﴿ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَـــى وَالْمَسَاكِينِ ﴾ :

وه كردهوهى چاكه بكهن به ئهندازهى دهستهڵات له گـــهڵ باوكو دايكتانا ، وه له گهڵ خوێشانتان ، وه له گهڵ منداڵانـــى بێ باوكا ، وه له گهڵ ههژارانو بێ ماڵانا ٠

﴿ و قُولُوا للنَّاسِ حُسْناً ﴾ :

وه قسهى باش بكهن له گهڵ ئادهميزادانا به شارهزاكردنيان بۆ چاكه وه لادانيان له گومڕاهىو خراپه ، وه به رووى خۆشهوه، به راگرتنى شانيانهوه ٠

﴿ و اَقيمُوا الصَّلاةَ وآتُوا الزَّكاةَ ﴾ :

وه ئهو نوێژهى واجبه له سهرتان وه ئهو زهكاتى ماڵه بڕيار دراوه به سهرتانا له سهر فهرمانى خودا به جێيان بێنن ٠

﴿ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ اِلاَّ قَليلاً مِنْكُمْ ﴾ :

له پاش ئهم پهيمانه پشتتان ههڵكرد له بهجێهێنانى ، مهگهر كهمێكتان نهبێ ٠

﴿ وَأَنْتُمْ مُعْرِضُونَ ﴾ : (٨٣)

وه ئێوه تيرهيهكن ياساتان لادانه له حهق بۆيێ وا ئيستهيش لائهدهن له پهيڕهوى پێغهمهرى ئاخرزهمان ٠

﴿ وَاِذْ أخَذْنا مِيثاقَكُمْ ﴾ :

من به هۆى موساوه پهيمانم لێوهرگرتن :

لهم ئايهتهدا صنعهتى ئيلتيفات ههيه ؛ چونكى, له سهر سياقى

ئایەتە پێشووەکانا ئەبوا بەنی ئیسرائیل بە غائیب ناوبرانایێ ، کەچی لێرەدا بە موخاطەب دانراون • خودای تەعالا ئەفەرموێ :

﴿ لاتَسْفِكُونَ دِماءَكُمْ وَلا تُخْرِجونَ أنْفُسَكُمْ مِنْ دِيارِكُمْ ﴾ :

كە خوێنی خۆتان نەرێژن وە خۆتان لە ولاتەکەتان دەرنەکەن ، یانی : برێکتان برێکتان نەکوژێ وە لە ولات دەری نەکا ، لەکاتێکا هەموو لە نەتەوەیێ وە لە کۆمەلێکن ، وە بۆ یەکتر وەکوو نەفسی خۆتان وانە •

﴿ ثُمَّ أقْرَرْتُمْ وأنْتُمْ تَشْهَدُونَ ﴾ : (٨٤)

وە لە پاش پەیمانەکە خۆتان ئەم پەیمانەتان دامەزران وە بڕیارتان لە سەردا ، وە خۆتان شایەتی ئەدەن لە سەر ئەو وەزعە کە دامەزرا •

﴿ ثُمَّ أنْتُمْ هؤُلاءِ تَقْتُلونَ أنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقاً مِنْكُمْ مِنْ دِيارِهِمْ ﴾ :

کەچی پاش ئەو پەیمانەیش ئێوە خوێنی خۆتان وە نەتەوەی خۆتان ئەڕێژن ، وە تیپێ لە خۆتان لە نیشتمانی خۆیان دەرئەکەن •

﴿ تَظاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالاثْمِ والْعُدْوانِ ﴾ :

وە لە ناو خۆتانا دەستڕۆیشتووەکانتان پشتیوانی یەکتر ئەکەن لە سەر بێدەستەکانا بۆ کوشتینان وە یا بۆ دەرکردنیان لە ولات بەبێ ئەوە حەقتان لە سەریان بێ ، بەلکوو هەر بە تاوانباری وە لادان لە حەق •

﴿ وَإنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارى تُفادوهُمْ ﴾ :

لەگەڵ ئەمەیشا ئەگەر بەعزێ لەوانە بە دیلی بێن بۆ لاتان هەموو لایەکتان ، لە دۆستو دوژمن ، گرەو دائەنێن بۆ بەرەڵلا کردنیان ، لە سەر یاسای ئایینی خۆتان •

﴿ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ ﴾ :

(والحال) دەرکردنیان لە وڵاتی خۆیان بە یاسای ئایینتان ناڕەوایە بۆ ئێوە •

﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ؟! ﴾ :

عەجەبا ! ئایا ئێوە ئیمانو باوەڕتان هەیە بە هەنێ بەندی دین ، وەکوو : فیدیەدان بێ بۆ دیل ، وە ئینکاری هەنێ بەندی تری ئەکەن ، وەکوو کوشتنی یا دەرکردنی باقی قەومەکەتان •

﴿ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ! ﴾ :

جا بزانن تۆڵەو پاداش بۆ ئەو کەسانەتان ئەمە ئەکەن هیچ نیە مەگەر عارو رسوایی دنیا !

﴿ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ ﴾ :

وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەگەڕێنەوە سەر گرانتر وە سەختترینی ئازار •

﴿ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ : (٨٥)

وە خودا بێ‌ئاگا نیە لە کەمو زۆری ئەو کردەوانە ئێوە ئەیکەن •

﴿ أولئِكَ الَّذينَ اشْتَرَوا الحَياةَ الدُّنْيا بِالآخِرَةِ ﴾:
ئەو گورۆهە ئەوانەن کە ژیانو ژیواری دنیایان کڕیوە وە وەریانگرتووە لە باتی خۆشی وە ئازادی رۆژی پاشەڕۆژیان .
﴿ فَلا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ العَذابُ وَلا هُمْ يُنْصَرُونَ ﴾:
(٨٦)
کە وابێ لە پاشەڕۆژا ئەمانە عەزابیان سووك ناکرێ ، وە لە لایەنی کەسیشەوە یارمەتییان نادرێ بۆ لابردنی ئەو ئازارە نابارەیان .

ریوایەت کراوە : تیرەی (بني قینقاع) بووبوون بە هاوپەیمانی تیرەی (اوس) وە (بنی قریظه) لە گەڵ (بنی نضیر)ا بووبوون بە هاوپەیمانی (خزرج) وە لە پاشماوەیێ (بنی قریظه)یش بوونەوە بە هاوپەیمانی (اوس) ، وە تەنیا (بنی نضیر) لە گەڵ (خەزرەج)دا مانەوە ، وە لە کاتێکا کە دوو تیرەی (اوس) و خەزرەج ئەچوون بە گژی یەکا جوولەکەکانیش هەر تیرەیێ ئەیدایە پاڵ هاوپەیمانی خۆی ، وە بە پێویستی جەنگ تیرە جوولەکەکان لە تیرەی دوژمنی خۆیان لە عەرەبو یەهوود ئەکوشت ، وە بە هەر نەوعێ دەستیان بڕۆیشتایە تیرەی دوژمنیان لە وڵاتی خۆی دەرئەکرد وە شوێنەکەیان دائەگرت ، بەڵام ئەگەر یەکێ لە جوولەکەکان بە دیل بگیرایە بە هەموو جوولەکەکان ، چ دۆست وە چ دوژمن ، فیدیەیان ئەدا بۆ ئەو دیلە ، وە بەرەڵلایان ئەکرد وە ئەیانوت : ئەمە یاسای دینی ئێمەیە پێویستە فیدیە بدەین بۆ دیل وە بەرەڵلای بکەین .

جا خودای تەعالا بە شێوەی هەڕەشە وە سەرزەنش

ئەفەرموێت پێیان : هەر وەکوو پێویستی دینتانە فیدیە بۆ دیل وەها لە یاسای دینەکەتانە کە کەس کەس نەکوژێ وە کەس کەس لە وڵاتی خۆی دەرنەکا ، عەجەبا ئێوە چۆن دینەکەتان بەش کردووە باوەڕتان هەیە بە بەعزێکی وەکوو فیدیە بۆ دیل وە ئینکـــاری ئەوی تری ئەکەن وە یەکتر ئەکوژن وە یەکتر لە وڵات دەرئەکەن! ئەمە شێوەی خاوەن دین نیە وە لە سەر ئەم وەزعە ئێوە لە دنیادا تووشی رسوایی وە لە پاشەڕۆژا تووشی عازابی گران ئەبن •

﴿ وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ ﴾ :

خودا ئەڵێ : قەسەم ئەخۆم ئێمە تەوراتمان دا بە موسا •

﴿ وَقَفَّيْنَا مِنْ بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ ﴾ :

وە گەلێ لە پێغەمەرانمان بە شوێن ئەوا هێنا •

﴿ وَآتَيْنَا عِيسَى بْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ ﴾ :

وە چەن دەلیلی رووناکمان دا بە عیسا لە سەر پێغەمەرایەتی ئەو وەکوو خۆشکردنەوەی کوێری سکوما وە ناساغی بەڵەك وە زیندووکردنەوەی مردووان •

﴿ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ ﴾ :

وە هێزمان دا بە عیسا بە هۆی جوبرەئیلەوە ، یا هێزمان دا بە عیسا بە هۆی ئەو نەفەسە پیرۆزەوە کە پێمان دابوو ، وە لە گەڵ ئەمانەیشا ئێوە باوەڕتان پێ نەکرد وە گەلێ ئازارتان دا ، وە قەسدی کوشتنتان کرد هەر لە بەر ئەوە کە ئایینەکەی لە ســـەر ئارەزووی ئێوە نەبوو •

﴿ أَفَكُلَّمَا جَائَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقاً كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقاً تَقْتُلُونَ ؟! ﴾ :
(٨٧)
ئایا ئەم رەوشتە پەسەندە کە ئێوە هەتانە ؟ : هەر کاتێ پێغەمەرێ بێتە لای ئێوە بە ئایینێکەوە کە ئارەزووی ئێوەی لە سەر نەبێ سەرکێشیتان لە بەرابەریانەوە دەربڕن وە چینێ لەوان بە درۆدا بخەنەوە وەکوو موساو عیسا ، وە چینێ لەوان بکوژن وەکوو زەکەریاو یەحیا بۆیێ وا ئیستەش بەرابەر بە پێغەمەری ئاخر زەمان بێباوەڕی دەرئەبڕن وە قەسدی ئەوە ئەکەن بیکوژن ٠

﴿ وَقَالُوا : قُلُوبُنَا غُلْفٌ ﴾ :

وتوویانە وە ئەڵێن : لە بەرابەری ئایینگەیاندنی پێغەمەرەوە ئێمە دڵمان وا لە ناو پەردەدا وە داپۆشراوە ، وە لە ئامۆژگاری وە لە ئایاتی خودایی حاڵی نابین ٠

﴿ بَلْ لَعَنَهُمُ اللهُ بِكُفْرِهِمْ ﴾ :

نە نە دڵیان بە پەردە دانەپۆشراوە وە لە قسە حاڵی ئەبن بەڵام بە هۆی ئینکارو سەرکێشی خۆیانەوە خودا لە رەحمەتی خۆی دووری خستوونەتەوە ٠

﴿ فَقَلِيلاً مَا يُؤْمِنُونَ ﴾ : (٨٨)

لە بەر ئەوە کەمجار ئیمان دێنن ٠

﴿ وَلَمَّا جَائَهُمْ كِتَابٌ مِنْ عِنْدِ اللهِ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَهُمْ ﴾ :

وه له كاتێكا كتێبێ وەكوو قورئانی پیرۆز لای خوداوه بێت بۆ سەریان بێباوەڕی دەرئەبڕن لە بەرابەریەوە (والحال) ئەو كتێبە راستی ئەو كتێبە دەر ئەبڕێ كە لای ئەوانە ·

﴿ و كانُوا مِنْ قَبْلُ يَسْتَفْتِحون عَلى الّذيـــن كَفَرُوا ﴾ :

وەلحاڵ لەمەوپێش ئەم نەتەوە بە هۆی تەوراتەوە وە دەربڕینی حەزرەتی موساوە باوەڕیان بوو بە هاتنی پێغەمەری ئاخرەزمان وە بەو كتێبەش دێتەخوارەوە بۆ سەری وەباوەڕیشیان بـــە گەورەیی ئوممەتەكەیشی هەبوو وە داوای فەتحو زاڵبوونیـان ئەكرد لە خودا بە سەر كافرە موشریكەكانا ، بە هۆی پــیرۆزی ئەوانە ئەیانوت : خودایا بۆ خاتری پێغەمەری ئاخــر زەمانو كتێبە پیرۆزەكەی زاڵمان بكە بە سەر ئەم كافرانەدا ·

﴿ فَلَمّا جائَهُمْ ما عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ ﴾ :

كەچی لە كاتێكا ئەو پێغەمەرە گەورە وە ئەو كتێبە پیرۆزە، كە خۆیان ئەیان ناسین ، هاتن بۆ سەریان ، وە وادەی خــودا بەجێهات ئەمانە لە باتی ئیمانو باوەڕ وە لە باتی خزمەتكردنیان ئینكاریان كردن ·

﴿ فَلَعْنَةَ اللهِ عَلى الكافِرين ﴾ : (٨٩)

دەك لەعنەتی خوا لەو كافرە بەدرەوشتانە بێ !

﴿ بِئْسما اشْتَرَوْا بِهِ أنْفُسَهُمْ اَنْ يَكْفُـــرُوا بِما أنْزَلَ اللهُ ﴾ :

ئەم كوفرو ئینكارەیشیان بۆ ئەوە دەربڕی كــە ئارەزووی

نەفسی خۆیانی پێوەربگرن لە دونیادا ، وە خۆکافرکردنیان دا بە ئارەزووی نەفس • جا بزانن گەلێ شتی خراپ بوو ئـــەو شتەی ئارەزووی نەفسی خۆیانیان پـێ کڕی ، وەکـــوو کوفرو بێباوەڕی بێ بەوەی خودا نازڵی کردووە بۆ سەر پێغەمـــەری ئاخرزەمان •

﴿ بَغْياً أَنْ يُنَزِّلَ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ عَلَى مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِهِ ﴾ :

وە بناغەی ئەم کوفرەیشیان ئەوە بوو کە خودای تەعالا بە گەورەیی‌و میهرەبانی خۆی کتێبێکی ناردووەتە ســەر کەسێ کە خـۆی ویســتوویەتی‌و هەڵی‌بژاردووە لـە نـاو بـەندەکانیا وە ئەمانیش حەسوودییان پێ‌بردووە وە بە ئارەزووی ئەوان نەبووە ئەم کتێبە بێتەخوارەوە بـــۆ ســـەر ئینسانێ لـــە تیرەی نەخوێندەواران •

﴿ فَبائُوا بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ ﴾ :

جا بە هۆی ئەم کوفرو حەسوودییەوە گەڕانەوە بە بارەی ناباری رقێکی خودا لە کوفرەکەیان لە سەر رقێکی تری خودا لە سەر حەسوودییەکەیان •

﴿ وَلِلْكافِرِينَ عَذابٌ مُهِينٌ ﴾ : (٩٠)

جا بۆ ئەم چینە کافرانە عازابێ‌هەیە لە پاشەڕۆژا کە تووشی رسوایی‌و سووکی‌و مەهتووکییان ئەکا • عازابی یەکەم لە سەر کوفرەکەیان ، وە رسواییەکەیشیان لە سەر حەسوودییەکەیان •

بێداری : (بغيا) بە مانا (حسدا) و (ان ينزل) بەسراوە پێیەوە •

﴿ وإذا قيلَ لَهُمْ : آمِنوا بمِا أَنزَلَ اللهُ ﴾ :
کاتێ بە ئامۆژگاری لە لایەنی پێغەمەرەوە (د) وە یا لە لایەنی موسوڵمانێکی ساغەوە بووترێ بەم ئیسرائیلیە بەدڕەوشتانە : ئیمانو باوەڕی ساغ دەرببڕن بەو کتێبەی کە خودا نازڵی کردووە بۆ پێغەمەری ئاخرزەمان ·
﴿ قَالُوا : نُؤْمِنُ بِما أُنْزِلَ عَلَيْنا وَيَكْفُرُون بِما وَرَاءَهُ وهُوَ الحَقُّ مُصَدِّقاً لِما مَعَهُمْ ﴾ :
ئەوان لە وەڵاما ئەڵێن : ئێمە ئیمان دێنین بەو کتێبە کە هاتووەتە خوارەوە وە نازڵ کراوە بۆ سەر خۆمان لەمەوپێش ، وە ئیمان نایەنن بە هیچ کتێبێکی تر ، ئیمان نایەنن بە قورئان کە ئەو راستەو راستی دەرخەرەو راستی ئەوەی لای ئەوانیش دەرئەبڕێ ·
﴿ قُلْ : فَلِمَ تَقْتُلُون اَنْبِياءَ اللهِ مِنْ قَبْلُ اِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنينَ ؟ ﴾ : (٩١)
جا ئەی پێغەمەری نازدار قسەکەیان بەتاڵ بکەرەوە بەمە کە بفەرموو پێیان : ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەوەی نێرراوەتە لاتان بۆچی پێغەمەرانی خوداتان کوشت ؟ یانی ئەگەر باوەڕێکی ساغتان ببوایە بەو کتێبە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمەرە رەهبەرەکانتان ئێوە رەفتارتان پێئەکردن وە لەفەرمانی لاتان نەئەدا ·
﴿ ولَقَدْ جائَكُمْ مُوسى بِالْبَيِّناتِ ﴾ :
خۆتان ئەزانن بە بێگومان کە موسای کوڕی عیمران هات بۆ لاتان لە گەڵ موعجیزاتی رۆشنو ئایاتی رووناك ، وە ئێوەی لە دەستی دوژمن رزگار کرد وە شارەزای رێگەی راستی کردن ·
﴿ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ العِجْلَ مِنْ بَعْدِهِ ﴾ :

کەچی پاش ئەوە کە رۆییشت بۆ کێوی طور بۆ ئــــەوە فەرمانی خودا وەربگرێ ئێوە لە رێگەی خوداپەرستی لاتان دا وە گوێرەکەپەرستیتان کرد بە یاسای خۆتان •

﴿ وَأَنْتُمْ ظَالِمُونَ ﴾ : (٩٢)

وەلحاڵ ئێوە ئەگەر تۆزی عەنادو ناپاکیتان لەســـەر دڵو چاوتان لاببردایە ئەتانزانی کە ئێوە لەو گوێرەکەپــەرستییەدا ستەم لە خۆتان وە لە ئادەمیزاد ئەکەن بە هۆی ئــەو رێگە لارە نابارەوە کە پیادا رۆیشتن •

﴿ وَإِذْ أَخَذْنا مِيثاقَكُمْ ﴾ :

بیری ئەو رۆژە بکەنەوە کە بە هۆی موساوە پەیمانان لێ وەرگرتن بۆ وەرگرتنی فەرمانی خوداو رەفتارپێکردنی •

﴿ وَرَفَعْنا فَوْقَكُمُ الطُّورَ ﴾ :

وە کێوی طورم وەك چەتر بەرزەوە کرد بەسەرتانا بـــۆ ئەوە لە دەستەڵاتی خودا تێبگەن •

﴿ خُذُوا ما آتَيْناكُمْ بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُوا ﴾ :

وە پێم وتن : ئەم تەوراتەبۆم ناردوون وە پێمداون وەری بگرن وە رەفتاری پێبکەن بە دڵئەستووری •

﴿ قَالُوا : سَمِعْنا وَعَصَيْنا ﴾ :

کەچی ئەوان لە پاش فەرمان وەرگرتن وە بڕیاردانـــــــی فەرمانبەرداری دەستیان کرد بە سەرکێشی وەکوو ئەوە وتیان : خودایە فەرمانەکەتمان بیست بەڵام نافەرمانـــی ئەکەیـــن وە

گوێچکەی پێ نادەین !

﴿ وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ ﴾ :

وە لەسەر مادەپەرستی وە دنیاخواهی وە وەرگرتنی خووی بتپەرستەکان خۆشەویستی گوێرەکە پەرستی چوبووە دڵیانەوە، وەکوو چۆن ئینسانێکی تینوو ئاو بخواتەوە وەها دڵیان خۆشەویستی گوێرەکەپەرستی پێ خورابووەوە ، وە لەگەڵ ئەمەیشا داوای ئیمانو باوەڕ ئەکەن بە کیتابی خودا •

﴿ قُلْ : بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ : (٩٣)

ئەی پێغەمەری رەهبەر پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە بە راستی ئیمانتان ببوایێ ئیمانتان فەرمانی نەئەدا بە کردەوەی نابار ، بەڵام ئێوە بە داوای خۆتان لەگەڵ ئیمانا ئەم کردەوە ناشیرینانە ئەکەن وە ئیمانتان ئەمرتان پی ئەکا ، کە وابێ ئێوە ئیمانتان نیە • وە بەم شێوە دەرکەوت کە داوای ئیمانتان پڕو پووچەو راست نیە •

﴿قُلْ :إِنْ كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِنْدَ اللهِ خَالِصَةً مِنْ دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ (٩٤)

یانی لە لایەکی ترەوە ئەم بەنیئیسرائیلیە داوا ئەکەن کە رۆژی قیامەت وە بەهەشت هەر بۆ ئەوانە ، جا ئەم داوایشیانە رەد بکەرەوە بەمە پێیان بڵێ : ئەگەر خانووی قیامەت وە بەهەشت

هەر بۆ ئێوەیە لە لای خوداوە دەی ئارەزووی مردن بکەن بۆ ئەوە لەم کەشاکەشە دەرچن وە لە بەهەشتا ئاسایش بکەن ئەگــــەر ئێوە راست ئەکەن لەم داوادا •

﴿ وَلَنْ يَتَمَنَّوْهُ أَبَداً بِما قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ﴾:

کەچی لەگەڵ ئەوەدا بە قەطعی هەر لە ئیستە تــا دێرزەمان داوای مردن ناکەن چونکی ئەمانــــە کردەوەیــــان خراپــە وە بیستوویانە لە پێغەمەران هەرکەس کردەوەی خراپ بێ پاداشی خراپ ئەبێ ، کە وابێ بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەوە کە بــــە دەستی خۆیان کردوویانە وە پێش خۆیان خستووە لــــە رۆژی قیامەت بێزارن •

﴿ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴾ : (٩٥)

هەڕەشەیە لەو کردەوە خراپانەی ئەو داوا چیە هەوا بازە ستەمکارانە ، ئەڵێت : خودا ئاگادارە لەسەر کردەوەو ئەندیشەی ستەمکاران وە لە دەستی دەرناچن •

﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَياةٍ ﴾ :

قەسەم ئەخۆم تۆ ئەمانەت دەس ئەکەوێ بە تیرەیەکی وەها کە هیوایان بە ژیانی دنیا زۆرترە لە هەموو تیرەیەکی ئادەمیزاد هەر نەوعە ژیانێ هەبێ •

﴿ وَمِنَ الَّذينَ أَشْرَكُوا ﴾ :

هەتا حیرصیان لە کافرە موشریکــــــە مادە پەرستەکانیش

زیاتره •

﴿ یَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ یُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ ﴾ :

هەر کام لەوان بە دڵ حەز ئەکا بەوە کە هەزار ساڵ لە دنیادا بژی

﴿ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ العَذابِ اَنْ یُعَمَّرَ ﴾

وە ئـەم عومرە زۆرەیش ئەگەر دەستیان بکەوێ رزگاریان ناکا لە عەزاب •

﴿ وَاللهُ بَصیرٌ بِما یَعْمَلُونَ ﴾ : (٩٦)

وە خودا چاوی وا لە کردەوە ناباره‌کانیانەوە چی ئەکەن •

﴿ قُلْ : مَنْ كانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللهِ مُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدىً وَبُشْرى لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ : (٩٧)

ئەی پێغەمەری رەهبەر تۆ بڵێ : هەر کەسێ دوژمنـــی جوبرەئیلی ئەمینە ئەوە خوایش دوژمنی ئەو کەسەیە وە ئـــەو کەسە هەر خۆی زیان ئەکا ؛ چونکی جوبرەئیل فریشتەیەکی پاکە وە خودا دایپەڕاندووە بۆ سەر دڵی تۆ لەگەڵ پەیامی حەقا بـە فەرمانی خۆی ، وە ئەوفریشتەیە یا ئەو پەیامەی کە هێناویەتی بۆ تۆ باوەڕ دەرئەبڕێ بەو کیتابانە کە لە پێشا هاتوونـەتـــە خوارەوە بۆ سەر پێغەمەران وەکوو تەوراتو زەبوورو ئینجیلو باقی کتێبەکان بێ،وە ئەو پەیامە رەهنومای گشتییە وە موژدەدەرە بۆ هەموو ئەوانەی بە فەرمانی خودا ئەجووڵێنەوە •

﴿ مَنْ كَانَ عَدوّاً للهِ وَمَلَئِكَتِهِ وَرُسلِهِ وَجِبْريل وَميكَالَ فَانّ اللهَ عَدوّ لِلْكَافِرينَ ﴾ (٩٨)

وه ئەم هەڕەشەیە تەنیا لە سەر دوژمنایەتی جوبرەئیل نیە . بەڵکوو لە سەر دوژمنایەتی هەموو حەق‌و حەقیقەتێکە ، وە هەر کەسێ دوژمنی بکا لە گەڵ خودادا وە لە گەڵ فریشتەکانیا وە لەگەڵ پێغەمەرەکانیا وە تایبەتی لەگەڵ جوبرەئیلدا کە فرستادەی خودایە بۆ لای پێغەمەران وە لەگـــەڵ میکائیل کە مەئمووری بەشکردنی رۆزی گیان لەبەرانە ئـــەوە خودایش دوژمنی ئـــەو کەسانەیە لەبەر ئەوە ئەوانە کافرن وە لە فەرمانی خودا دەرچوون وە خوادیش دوژمنی کافرانە ٠

﴿ وَلَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ آياتٍ بَيِّنَاتٍ ﴾ :

وە بەراستی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ گەلێ ئایات وە گەلێ دەلیلی دین کەهەموو رووناك‌و رەهنومان ٠

﴿ وما يَكْفُرُ بِهَا اِلاَّ الْفاسِقُونَ ﴾ (٩٩)

وە کەس بێ باوەڕی دەرنابڕێ بەرابەر بەوانە ئیللا ئـــەو کەسانە نەبێ کە لە فەرمانی خودا دەرچوون ٠

﴿ أوَ كُلَّمَا عَاهَدُوا عَهْــدأ نَبَذَهُ فَرِيقٌ مِنْهُمْ ﴾ :

ئەم تـــیرە ئیسرائیلییە دڵڕەشانـــە تیرەیەکـــن هەرکـــاتێ پەیمانێکیان لەگەڵ خوداو پێغەمەرانی خودا بەستبێ چینێکیان ئەو پەیمانەیان فڕەداوە وە هەڵیانوەشاندووەتەوە ٠

﴿ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ ﴾ (١٠٠)

نەك چینێکی کەمیان بەڵـکوو زۆرمەیـان ئیمـان نایێنن بەپەیمانی خودا وە ئەگەر بە زاهیر ئیمان بێنن بە دڵیان نیە وە باوەڕیان پێی نیە ، جا ئایا ئەم رەوشتە باشە ؟ وە ئەم رەوشتە لەگەڵ عەقڵی ساغا رێئەکەوێ ؟ حاشا !

﴿ وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِنْ عِنْدِ اللهِ مُصَدِّقاً لِمَا مَعَهُمْ ﴾ :

جا ئەم تیرە وەکو لەگەڵ پێغەمەرانی تیرەی خۆیان نابارو نافەرمان بوون ئیستە لەسەر ئەو رەوشتە ماون وە لە کاتێکـا پێغەمەرێ لە لایەن خوداوە وەکو (محمد المصطفى) ــ د ــ بێ هات بۆ لایان وە باوەڕی دەربڕی بە ئایینی پێشووی ئەوان ٠

﴿ نَبَذَ فَرِيقٌ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ ﴾ :

تاقمێ لەوانە کە کتێبیان پێدرابوو لەلایەنی خوداوە بۆ ئەوە رەفتاری پێ بکەن ئەو کتێبەیان خستە پشتەوەو رەفتاریان پێنەکرد ، وە هەرچی ناونیشانی ئەم پێغەمەرەی تیابوو ونیان کرد ٠

﴿ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ ﴾ (١٠١)

وایان لەخۆ کرد وەك ئەوە ئەو نیشانانەیان نەزانیوە وە نایانزانن ٠

بزانن ! ئەم ئایەتانە ــ لە ئایەتی (قـل من کـان عدوا لجبریل)وە تا ئێرە ــ هاتوونەتە خوارەوە لە شانی عەبدووڵای

کوڕی صوریای جوولەکەو هاوڕێکانیدا ·· ئەگێڕنەوە عەبدوڵڵا پرسیاری کرد لە حەزرەت (د) : کێ وەحییت بۆ دێنێ ؟ ئەویش فەرمووی : جوبرەئیل · جا عەبدوڵڵا وتی : ئەم جوبرەئیلە دوژمنی بەنیئیسرائیلیەو چەن شتی ناباری هێناوە بۆ سەریان ، هەروا جارێکی تر لە خزمەتی حەزرەتا بە بێنەزاکەتییەوە وتی : تۆ شتێکی وات نەهێناوە لەلای خوداوە بۆ لای ئێمە کە بە ئەحکامی خودای بزانین ! جا خودای تەعالا بەم ئایەتانەی پێشوو وەڵامی قسەکانی داوە وە دوژمنایەتیو سەرکێشی ئیسرائیلیەکانی دەربڕی بەرابەر بە پێغەمەرانی پێشووی خۆیان وە بەرابەر بەپێغەمەری ئاخرزەمانیش ·

﴿ وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُوا الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ ﴾ :

ئەم جوملەی (واتبعوا)ە بەسراوە بە جوملەی (نبذ)وە لە پێشەوە ، یەنی : ئەم ئیسرائیلیە بەدبەختانە کتێبی خودایان فڕەدایە پشتەوە وە کەوتنە دوای ئەو واتە پڕوپووچە بەتاڵانە کە شەیاتینی ئادەمیزادو شەیاتینی ئەیانخوێندەوە بەسەر خەڵکا لەکاتی سەرۆکی وە سەرداری حەزرەتی سولەیمانی کوڕی حەزرەتی داوودا وە ئەو قسە بەتاڵانە بەنەوعێ بڵاو بووبووەوە بە ناویانا ئەو ئادەمیزادە بەدنیهادانە ئەیانوت : سولەیمانی کوڕی داوود سیحر بەکار دێنێوە جادووگەرەو تەلیسمزانە بۆیە وا دنیای داگرتووە ! جا خودای تەعالا ڕەدیان ئەکاتەوەو ئەفەرموێ:

﴿ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ ﴾ :

سولەیمان سیحربازو جادووگەر نەبووەو باوەڕی بەو

شتانه نه‌بووه . به‌ڵكو تابیعی فه‌رمانی خـودایی بووه‌و یـه‌كێ باوه‌ڕی به‌ هێزی سیحرو سیحربازان ببێ‌و نیسبه‌تی ئاثار له‌ خودا نه‌دا كافر ئه‌بێ وه‌ سوله‌یمان كافر نه‌بووه‌ به‌ڵكو یه‌كێ بووه‌ له‌ ڕه‌هبه‌ره‌ گه‌وره‌كان خودا به‌ فه‌زڵی خۆی عاله‌می بۆ ڕام كردووه‌ .

﴿ و لكِنّ الشّياطِين كفروا ﴾ :

به‌ڵام شه‌یتانی ئاده‌میزادو شه‌یتـانی جیننی كافـر بوون‌و باوه‌ڕیان به‌ هێزی خودا نه‌بووه‌ .

﴿ يُعلّمُونَ النّاسَ السِّحْرَ ﴾ :

فه‌نی جادووگه‌ریـیـان به‌ئاده‌میزاد فێرئه‌كـردو ئیسته‌یش هه‌ر فێریان ئه‌كه‌ن .

﴿ وَمَا انْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبابِلَ هَارُوتَ وَمارُوتَ ﴾ :

وه‌ پیشانی خه‌ڵكیان ئه‌دا ئه‌و سیحرو جادووه‌ كه‌ له‌ وه‌ختی خۆیا خودا ناردوویه‌ بۆ دوو فریشته‌ی پاك‌و مه‌عصووم له‌ وڵاتی (بابل)دا كه‌ ناویان (هاروت)و (ماروت) بووه‌ .

﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولا إِنَّما نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلا تَكْفُرْ ﴾ :

وه‌ ئه‌و دوو فریشته‌ نێررابوون بۆ ئه‌وه‌ عیلمی سیحر به‌ خه‌ڵك بڵێن ، هه‌تا سیحر له‌ موعجیزه‌ جیابكرێته‌وه‌ ، وه‌ خه‌ڵك بزانن سیحرو جادوو فه‌نن هه‌ركه‌سێ بیانخوێنێ فێریان ئه‌بێ ،

بەلاّم موعجیزەی پێغەمبەران فەیزی خودایییەو بە کەسبو خوێندن نیه · ئەوانیش هیچکاتێ ئەو سیحرەیان فێری کەس نەدەکرد هەتا لەپێشا ئامۆژگاری ئەو کەسەیان نەکردایێ ، وە ئامۆژگارییەکەیشیان ئەمەبوو ئەیانووت : هاتنی ئێمە بۆ ئەم شوێنەو نیشاندانی فەننی جادووگەری بە ئادەمیزاد هۆی دلّتێکچوونی ئەوانە ، وە ئەگەر ئینسان خاوەن بیری پاكو دلّی رووناك نەبێ وا ئەزانێ ئەم جادووە زاتەن خۆی تەئثیری هەیە وە بەم باوەڕە ئینسان کافر ئەبێ · کە وابێ ئەوەمان ئەوێ لە تۆ کە خۆت کافر نەکەی ، وە هێزو تەئثیر لە خوداوە بزانی ، جا پاش ئەم ئامۆژگارییانە جادوویان پێشانی خەلّك ئەدا ·

﴿ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ ﴾ :

جا ئەوانیش فێرئەبوون لەوانەوە هەنێ بەندو فەننی وا کە بەهۆی ئەوانەوە جیاییان ئەخستە ناوبەین ژنو مێردەوە ·

﴿وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللهِ﴾:

وە ئەو جادووگەرانەیش نەیانئەتوانی زیان بەکەس بگەیەنن بە هۆی ئەو جادووەوە ئیللا بە خواستی خوا نەبوایێ ؛ چونکی ئیجادو تەئثیری هەر بۆ زاتی خودایە وە ئەسباب شتێکی عادەتی یە ·

﴿ و يَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنْفَعُهُمْ ﴾ :

وە خەلّك فێر ئەبوون لەوانەوە شتێکی وا کە زیانیان پێبداو سوودیان پێنەدا ؛ چونکی بە دەگمەن هەلّئەکەوێ

ئینسانێ فەننێکی وا بزانێو لەتاوانو تاوانکاریـدا بەکـاری نەهێنێ •

﴿ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَالَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ ﴾ :

وە بەراستی ئـەو ئیسرائیلییانە رەفتار بە جـادوو وە وەرگرتنی ئادابی جادووگەرانیان کـڕی بە ئەحکامی کتێبی خوداو ئەمانیان هاویتە پشتەوەو ئەوانیان وەرگـرت هەرچی بەشو بارەیان بێ هەر لە دنیادایـە وە لە رۆژی پاشەڕۆژدا بەشو بارەیەکی سوودمەندیان نیە •

﴿ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ ﴾ :

وە زۆر خراپ بوو ئەو ئارەزووی نەفسـە کە پیرۆزی نەبڕاوەی نەفسی خۆیان پێ فرۆشت •

﴿ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ ﴾ (١٠٢)

ئەگەر بە عیلمێکی لە دڵادامەزراو ئەمەیان بزانیایە ئـەم مامەڵەیان نەدەکرد •

﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُوا وَاتَّقَوْا ﴾ :

ئەگەر ئەم ئیسرائیلییە بەدبەختانە ئیمانیـان بهێنایێ بە پێغەمەری ئاخرزەمانو لە عەزابی خوداو نافەرمانی ئـەو خۆیان لابدایێ •

﴿ لَمَثُوبَةٌ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ خَيْرٌ ﴾ :

ئەوە جەزایەکی گەورەو پاداشێکی باشیان دەسئەکەوت لە

دنیاو قیامەتا ، وە دیارییە پاداشی باشی خودایی چاکە نـەك عاجزبوونو قاری ئەبەدی •

﴿ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُون ﴾ (١٠٣)

جا ئەگەر ئەمانە عیلمیان ببوایێ بەم شتانە بە عیلمێکی وا کە ئاگاداریو هۆشیاری وە پارێزگاری لە دڵیانا پەیدا بکا لەم ئادابە نابارانەو لەم ئەندیشەو کێشە لارە لایان ئەدا •

لەم شوێنەدا چەن باسێکی بەنرخ هەیە :

یەکەم : سیحر لە زمانی عەرەبا بەکاردێت بۆ (سی) ئینسان کە پارچە گۆشتێکە لەناو سنگدا • هەروا بەکاردێ بۆ هەرئیشێ ورد بێوە هۆکەی نەزانرێ وە ئادەمیزاد سەرگەردان بکا • وە هەنێ کەس ئەڵێن : سیحر بریتیە لەوە کە شتی پڕو پووچوە بەتاڵ ببرێتە شێوەی شتی راستەوە • وە هەنی ئەڵێن : سیحر شتێکە ئینسان دەردەستی ئەکا بە هۆی نزیکئکەوتنەوە لە شەیتانو لەو شتانەی کە ئینسان دەستەڵاتی نیە بە سەریا • وە (ابن خلدون)لە (مقدمە)دا ئەڵێت : سیحر عیلمە بەکەیفیەتی ئیستیعداداتێکی وا کە نفووسی ئادەمیزاد بەهۆی ئـەوەوە ئەتوانێ تەئثـیر بکا لـە عالەمی عەناصیرا هەر خۆبەخۆ یا بە هۆی یارمەتی وەرگرتن لە مەوادی ئاسمانیەوە • بەشی یەکەم (سیحر)ە ، وە بەشی دووەم (تەلیسمات)ە وە لەبەر ئەوە ئـــەم فەننە بە لای شەریعـــەتی ئاسمانییەوە ناپەسەندە چونکی زیانی تیایە بۆ بەکارهێنەریوە بۆ ئەوکەسانەیش لە سەریان بەکـــار ئەهێنرێت ، وە گـــەلێ

شەرائیطی وای تیایە کە بە هۆی گوناهـو تاوانەوە پەیدا ئەبن لە ئەستێرەو غەیری ئەستێرە کتێبە سیحرەکان لە عالەمی ئیسلاما ئاثاریان گومبووەوە لە ناوا گومبوون ، مەگەر هەنێ لەو کتێبە کۆنانە کە لە زەمانی قەدیمان لە پێش هاتنی حەزرەتی موسادا بوونوە دائیر بوون لەناو تیرەی (نبط)وە (کلدان) یەکان ·

وە ئەم فەننی سیحرە لەناو میللەتی (بابل)دا لە سریانیەکان وە کندانیەکانا وە لەناو میللەتی (مصر)دا لە (قبطی) یەکانو غەیری ئەوانیش زۆر بوون ، وەگەلێ کتێب، لە فەننی سیحرا عائید بەو میللەتانە لە وەختی خۆیا نووسراون وە ئەو کتێبانە تەرجومە کراون ئیللا شتێکی کەمی نەبێ وەکوو (فلاحەی‌نبطیە) کە لە دانراوی ئەهلی بابل بووە ·

جا ئیتر خەڵك لەسەر ئەساسی ئـەو کتێبە گەلێ کتێبیان نووسیوەتەوە وەکـوو (مصاحف الـكواكب السبعة)و کتێبی (طمطمی هندی) کـە قسـە ئەکـا لە صوورەتو دەرەجـاتو ئەستێرەکانا ·

پاش ئەمانە لە میللەتی ئیسلاما جابـیری کوڕی حیببان گەورە جادووگەر پەیدا بوو وە کەوتە تەماشای کتێبی ساحیرانەوە گەلێ شتی وەرگرت لە صیناعەی سیحرا ، وە گەلێ کتێبی تیادا نووسی ، هەروا گەلێ کتێبی نووسی لە صنعەتی (سیمیا)دا ، کە لە هاوپەیوەندی فەننی سیحـرە ، چونـکی سیمیا عیبارەتە لە وەرسووڕاندنی صوورەتی جیسمێ بۆ صوورەتی جیسمێ تر ، ئەمەیش زۆرمەی بەهێزی نەفسـە نـەك بە هـۆی صیناعـەی عیلمییەوە ·

وە لە پاش جابیری کوڕی حیببان ئەمجار ئەحمەدی مجریطی پێشەوای میللەتی ئەندلس لە فنوونی سیحرو جادووا پەیدا بوو وە تەماشای کتێبە کۆنەکانی کردو پوختەکەیانی نووسییەوە لە کتێبێکا ناوی نا بە (غاية الحكيم) ئیتر پاش ئەو کەس لـەم عیلمەدا کتێبی نەنووسی ·

لەپاش ئەمە (ابن خلدون) ئەڵێت : با لێرە موقەدیمەیەك بڵێین وە حەقیقەتی سـیحری پێدەربخەین · ئەڵێت : نفووسی ئینسانییە هەرچەند یەك نەوعە بەڵام ئەصنافی زۆری هەیـەو هەر صنفێ خاصیەتێکی تیایە لە غەیـــری خۆیا نیە · مەثەلا نفووسی پێغەمەران خاصییەتێکی تیایە بەو خاصییەتە موستەعید بووە لە بۆ مەعاریفی ئیلاهییەو قسەکردن لەگەڵ فریشتەدا ، وە نفووسی کاهینەکـــان خاصییەتێکی تیایـە بـەو خاصییەتە موستەعید بووە لە بۆ قسەکردن لەگەڵ شـــەیاتین‌و ئەرواحی خەبیثەدا · هەروا هەر صنفێ لە ئادەمیزاد خاصییەتێکی تایبەتی تیایە وە لە ئاثاریانەوە ئەمە دەرئەکەوێ ·

وە ئەو نفووسانە کە ساحیرو جادووگەرن بە کورتی سێ بەشن · یەکەم : ئەوانەیە کە هەر بە هیمەت‌و هێزی نەفس‌و ئیرادە بەبێ ئالات‌و بەبێ یارمەتی غەیرە ، ئەم بەشەیانە لەلای فەلاسیفە ناوبراوە بە سیحر ؛ چونکی زۆر بەهێزەو یارمەتی شتی تری تیا نیە ·

دووەم : ئەوانەیە کە بە یارمـەتی ئەستێرەو عـەناصیرو دەرەجاتی ئاسمانییەوە ئیش ئەکەن ، ئـەم بەشە لـە یەکـەم زەعیفترە ، وە مەشهوورە بە (تەلیسمات) هەروا لەم بەشەیە ئەوەی کە ئەکرێ بەهۆی خەواصی ئەعدادو حورووفەوە ·

سێهەم : ئەوانە کە ئەتوانن هەنێ شتی بێ ئەساس بخەنە خەیاڵی خەڵکەوە ، مەثەلا وەکو ترساندنی ئەوانە لە دوژمنی نابوورودو دانانی دۆستی بە دوژمن یا بەپێچەوانەوە ،یا سوودو زیانی بەعزێ شتی غەیرە واقیعی • ئەم بەشەیان پەستترینی سیحرە وە لەسەر واقیع نیە ، وە تەئثیریان لە نەفسی زەعیفانایەو بەس • وە ئەمە شەعوەزەیە ، جا دوو بەشە پێشووەکانی سیحر ئاثاری راستو واقیعییان هەیە ، وەکوو ئەوە دوژمنێ لەناوبچێ یا نەخۆشێ خۆشبێتەوە ، وە یا صوورەتی جیسمێ هەڵسۆوڕێ بۆ صوورەتی نەوعە جیسمێکی تر ، بەڵام بەشی سێهەمیان ئاثاری واقیعی نیە جا ئەو کەسانە کـە ئـەڵێن سیحر تەئثـیری هەیە قسەکەیان راستە لەسەر ئەو دوو بەشە پێشووەکان ئەو کەسەیش کە ئەڵێت سیحر هەر تەخەییولاتە قسەکەی راستە لەسەر بەشی سێهەم ، کە وابێ نیزاع لەبەینی عالمانا لە تەئثیری سیحرا نیزاعی لەفظییە •

وە ئەم خاصییەتانە کە لە نفـووسی ئینسانا هـەن هـەر ئیستیعدادن وە لە کاتێکا دێتە عالـەمی وجـوودو فیعلەوە کە کابرای خاوەن نەفس لەسەر یاسـای تایبەتی ساحـیران گەلێ ریاضەتی نەفس بکێشێ وە گەلێ رووبکاتە قووای عولوییە وە لە ئەفلاكو کەواکیب وە لە ئەرواحی خەبیثی شەیاتینەوە ، وە گەلێکیان پێویستە بە خۆرامکردن بۆ غەیری زاتی باری تەعالا وە عیبادەتی ناحەق کە بە ئاشـکرا لەسەر یاسـای شەریعەت کوفرو بێ ئیمانییە (العیاذ باللّه) • جا لەبەر ئەمەیە مەشهوورە ئەڵێن : سیحر بەبێ کوفر پەیدا نابێ • وە فوقەهای شەریعەت ئیختیلافیان هـەیە لەوەدا ئایا کوفـری ساحیر لەبـەر باوەڕو

ئەندیشەکەیەتی کە بە هۆی ئەوانەوە ئەبێ بە ساحیر یا بە هۆی کردەوەی سیحرەکەو ئیفسادی ئادەمیزادە وە حەقیقەتیش ئەوەیە کە تەکفیری ساحیر لەبەر هۆی یەکەمە ئەگەرنا کردەوە ئەگەر باوەڕی کوفری لەگەڵا نەبێ کوفر نیە •• بەهەر حاڵ فەننی جادووگەری لە ئایینی ئاسمانیدا ناڕەوایە چونکی لەهۆی باوەڕ بە تەئثیری غەیری خوداوە کوفرە ، وە لەهۆی رەفتارەوە تاوانە وە دینی ئیسلام دوورە لە کوفرو تاوانو تاوانباری •

فەرقی موعجیزەی پێغەمەران لەگەڵ سیحری جادووگەران :

بە دەلیلی عەقلی قەطعی دەرکەوتووە کە پایەی پێغەمەرایەتی وە رەهنومایی وە رەهبەری بۆ ئادەمیزاد هەر بە میهرەبانی وە بەخشیشی خودای گەورەیە • ئـەو خۆی ئەزانێ کێ ئـەکا بە رەهبەر وە ئەم رەهبەرانە دوور بوون لەتەمێو دانشگاو دەرزو دەرزوەرگرتن لە مامۆساوە • بە تایبەتی پێغەمەری ئاخرزەمان حەزرەتی محەمەدی عەرەبی (د) لە دنیاوە دیارە کە بە قەطعی پەیوەندی لەگەڵ خوێندنو دەرزوەرگرتن نەبووە ، وە هەتا لە وڵاتەکەیا خوێندەواری زۆر کەم بووە •

جا کاتێ کە خودا ویستی ئەم زاتە بکا بە رەهبەر فریشتەی پاکی رەوانەکردە سەری وە دڵی رووناككـردەوە بە پەیـامی خودا ، وە سەرتەختەی سینەی کرد بە سەرچاوەیـەکی سافی نەبڕاوە کـە هەتاهەتایە هـەرچی زانستو بارەی خێـرە لێی هەڵبقوڵێ هێشتا وەکوو خۆی وایە ، هەتا هـەرکەس هاوڕێی ئەویش بووبێ لەگەڵ نەخوێندەواریا بووە بـە خاوەن دانشو تەمێو تەربییە •

وە هەر موعجیزەیێ بۆ ئەم زاتانە دەرکەوتبێ لە ئادەمەوە تا خاتەم هەموو بەبێ ئیختیارو کەسبی ئـەم رەهبەرانە بووەو هەر خودا بە خواستی خۆی بە موناسبی زەمـان خەلقی ئـەو ئیشانەی کردووە ، مەثەلا : لـە زەمانی حـەزرەتی مووسادا جادووگەری باو بووە خودای تەعالا عاساکەی موسای کردووە بە ماری مارخۆرو ئەژدەهای جیهانترسێن •

وە لە چەرخی عیسادا (طیب)و دوکتۆری باو بووە خودای تەعالا هێزی وا بەرزی پیرۆزی دا بە عیسا کە کوێری سکوماو بەڵەكو گولی خۆش ئەکردەوەو مردووی زیندوو ئەکردەوە •

وە لە چەرخی حەزرەتی محەمەدا (د) فەساحەتو بەلاغەتو شیعر خوێندنەوەو وتاردان باو بووە خودا کتێبێ وەها بەرزی نارد بۆ حەزرەتی محەمەد کـە هەموو فەصیحەکـانی عەرەبی سەرسام کرد • وە بێجگە لەو باسـە پەنامەکییانە کـە دەری بڕیوە ، وە بێجگە لـە باسی مانگئو رۆژو ئـەستێرەو چەرخی ئاسمان وە دەریاو وشکی وە ئەم شتانە کە خوێندەوار نەبێ کەس تێی ناگا هەم رشتەی وتارەکەی کـە هەموو وتارزانی سەرگەردان کردووە وە بە قەطعی لە مانەدا مەیدانی کەسبو وەرگرتن لە کەسەوە نەبووە ، بەڵام فەننی جادووگەری هەمووی دەرزە وە کەسبە وە هەرکەسێ خەریکی بێ وەریئەگـرێ وە ئەیزانێ •

هەروا پایەی ویلایەتو صەفای رۆحانیەتی ئەولیاکان ، با بە هۆی کەسبو ریازەی نەفسەوە پەیدا ببێ بەڵام کەرامەتو ئومووراتی خاریج لە یاسای عادەتیـان کـەسبی نەبـووە وە

ئیختیاری ئەوانی تیا نەبووە • بێجگە لەمانە ئاسارو کردارو ڕەفتاری پێغەمەران سەراسەر موافیقی پیرۆزی ئادەمیزادو ڕەوشتی بەرزو عیفەتو شەرمو پیاوەتیو دڵسۆزی بووە • هەروا پیاوانی دڵڕووناکی ئومەتەکەیشیان کە ناویان ئەبرێ بە (وەلی) ئەوانیش لەسەر ڕێگەی بەرزی پیرۆزی وە ڕەوشتی پاكو ڕێکی شەریعەتو ئایینی ئاسمانی بووەو ئەبێ ، وە هەر کەسێ لەم شێوە دەرچووبێ وە ردفتاری پاك نەبووبێ وە لە سەر یاسای ئایینی پاك نەبووبێ ئەم کەرامەتو کردەوەی خاریقی عادەتییە لێوە دەرنەکەوتووە • وە ئەگەر کەسێ بە جیاوازی لەم ئادابو یاسایە کارێکی (خارق العادە)ی لێ صادر ببێ بە کەرامەت ناناسرێ . وە هەرچەن خاوەنی ئەو ئیشە سیحرباز وە جادووگەر نەبێ ئاسارەکەیان لە بابی سیحرو ئیستدراج ئەژمێررێ • وە بە قەطعی جێگەی ئیحتیرامو تەقدیس نیە •

دووەم : (ما تتلوا الشیاطین) : دوو بەشە یەکەم ئەو شتە پڕو پاڵانتەو وتارە پڕوپووچانەیە کە لەوان دەرچووەوە ڕێگەی خوێندنەوەی شەیاطینی جینن خوێندنەوە بووە بەسەر دڵی کاهینو جادووگەرانو هەزرەرەفتارانا ، وە ڕێگەی خوێندنەوەی شەیاطینی ئینس عیبارەتە لەو شتە خەرافاتە وە لەو یاسای بێدینیو بێ ئەخلاقیو سیحربازیو جادووگەریو گومڕاکارییە کە لە ئادەمیزادانی ناپاكو هەواپەرستو بێ ئەخلاقو بەدڕەوشتانەوە گەیشتووە بە باقی ئادەمیزادێ کە شوێن تەمێو تەربییەی ئەوان کەوتوون •

سێهەم : (وما انزل علی الملکین) . وشەی (ملکین) بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە ، یەکەم باریان : بەفەتحەی لام . یانی دوو

فریشته • وه ئەم باره موتەواتەرەو جێگەی شوبهەنیە • دووەم باریان (ملكین) به کەسرەی لام ، یانی دوو پادشاه ، وه ئەم باره له خوێندنەوەی (ابن عباس)و (حسن) و (ابو الاسود) و (ضحاك) وەرگیراوه • وه زانایـانی تەفسیر فەرمـوویانه : ئەگونجێ فریشته بووبن بەڵام لەبەر ئــەوه زۆر بەسەر دڵی ئادەمیزادا به حورمەتو خاوەن شـان بوون وەکو دوو پادشـا تەماشا کراون ، وه ئەگونجێ دوو پادشاه بووبن ، بەڵام لەبەر ئەوه زۆر رەوشتیان بەرز بووه به فریشته ناوبراون • وه ئێمه لەسەر باری یەکەمیان دڵمان دامەزراوه ؛ چونکی خوێندنەوەکەی موتەواتەرەو پێویستی تەئویل نیه ، وه نازڵکردنی سیحر لەسەر ئەو دوو فریشته مەعنـای ئەوه نیه کـه مەقامـی ریسـالەتو پێغەمەرایەتییان بـووه ، چونکی به قەطعی پێغـەمـەر ئەبێ لەئادەمیزاد بێ ، بەڵکو مەعنای ئیلهامو حاڵیکردنیانه له فەنی سیحرو جادووگەری •

وه هۆیناردنی ئەو فریشتانەیش ئەوه بووه لەو چەرخەدا ئەوەنده جادووکەری باو بووه خـەڵك گومڕا بوونو باوەڕیان وابووه که ریسالەتو پێغەمەرایەتیش هەر فەننی جادووگەرییه •• جا خودای تەعالا ئـەو فریشـتانەی نـاردووه وه فەننی سیحریان به خەڵك نیشانداوه بۆ ئەوه بزانن که نوبووەتو ریسالەتو پێغەمەرایـەتی بارەی بەخششو فەیـزی خوداییەو پەیوەندی به خوێندنـەوه نیه ، بـەڵام جادووگـەریی فەننه هەرکەسێ بیخوێنێ ئەیزانێو دووره له فیووضاتی ئیلاهیەوەو هەرکەس باوەڕی وانەبێ ئەوه گومڕایەو بەهەڵەدا چووه •

وه ئەو شتانە کە مەشهوورن لەناوذا لە بابەتی ئەم دووفریشتەوە کە گیرۆدەی گوناهو تاوان بوون وە خودای تەعالا خاترخۆی کردوون لە بەینی عەزابی دنیا یا عەزابی قیامەتا ، وە ئەوانیش عەزابی دنیایان ئیختیار کردووەو ئەوانە ئێستا لە چاڵێکا هەڵاوەسراون لە (بابل)دا ، وە تا قیامەت بەو جۆرە ئەمێننەوە ... لەسەر فەرموودەی زانایانی تەفسیر ئەساسیان نیە ، وە لە ئەحادیسی صەحیحەدا نیە وە موخالیفی نەصی قورئانە ؛ چونکی خودا لە باسی فریشتەدا ئەفەرموێت : (لا یعصون الله ما أمرهم ویفعلون ما یؤمرون) . وە تەفسیری (بیضاوی) رەدی ئەم شتانە ئەکاتەوە ، هەروا تەفسیری فەخری رازیش بەو قسانە رازی نیە .



﴿ یَا أیُّها الَّذین آمنُوا لاَ تقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انْظُرْنَا ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانو باوەڕتان هەیە بە خوداو بە پێغەمەری خودا ! لە کاتێکا ئەتانەوێ داوا بکەن لە پێغەمەری خودا (د) چاودێریتان بکات وە بە مۆڵەت یاسای ئایینتان حاڵی بکا جوملەی (راعنا) بەکار مەهێنن . با جوولەکەکان ئەو جوملە بەکار نەهێنن لەگەڵ حەزرەتا بە مانایەکی ناموناسب ، وە لە باتیئەوە (انظرنا) بەکار بێنن کە ئەو مەبەستەی ئێوە ئەگەیێنێو بۆ مەعنای ناشیرینیش بەکار ناهێنرێت .

﴿ وَاسْمَعُوا ﴾ :

باش گوێبگرن بۆ حەزرەت لەو کاتانەدا تەمێتان ئەکات یا ناچار نەبن بۆ داوای دووبارەکردنەوەی تەمێکان ٠

﴿ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (١٠٤)

وە بۆ ئەو کافرانە کە جوملەی (راعنا) بە مەبەستی خراپ بەکارئەهێنن لەگەڵ پێغەمەرا وە بە سووکی تەماشای ئەکەن عەزابێکی سەختو ئێش گەیێن هەیە لە دونیاو لە قیامەتا ٠

زانایان فەرموویانە : لە کاتێکا پێغەمەر (د) یاسای دینی ئەفەرموو بە یارانی خۆی لەبەر ئەوە جارجار باش حاڵی نەدەبوون وە ئەیانویست حەزرەت قسەکەی دووبارە بکاتەوە ئەیانوت (راعنا) یانی ئەی پێغەمەری خودا چاودێریمان بکە ، وە بە مۆڵەت تەمێمان بفەرموو با حاڵی ببین ٠٠ جوولەکەکانیش ئەم هەلەیان بۆ هەڵکەوتو عەینی جوملەی (راعنا)یان بەکار ئەهێنا لەگەڵ حەزرەتا بە مانای بێ عەقڵو عەقڵسووك ! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە وە فەرمانی دا بە موسوڵمانەکان لە باتی ئەو جوملە جوملەی (انظرنا) بەکاربێنن کە ئەو مەعنا ئەداو مەعنای خراپیش ناگەیەنێ ٠ یانی ئەی پێغەمەری خودا بڕوانە بۆمانو تەماشای پایەی حاڵیبوونمان بفەرموو وە ئەوانەمان حاڵی نابین قسەکانمان بۆ دووبارە بکەرەوە ٠

﴿ مَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلَا الْمُشْرِكِينَ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْكُمْ مِنْ خَيْرٍ مِنْ رَبِّكُمْ ﴾:

بە قەطعی ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە دینی ئیسلام نیە لە

کافره کیتابییه‌کان‌و کافـره بت‌په‌رسته‌کانیش حـه‌ز ناکـه‌ن‌و دڵخوازییان ئه‌وه نیه که خێـرێ لـه لایـه‌نی خوداوه بێت به سه‌رتانا ٠

﴿ واللهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ ﴾ :

خودایش به دڵخوازی ئه‌وان ناکا ، هه‌رکه‌سێ بیه‌وێ وه مه‌یلی له‌سه‌ر بێ سه‌ربه‌رزو سه‌رفرازی ئه‌کا به‌میهره‌بانی خۆی ٠

﴿ وَاللهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴾ (١٠٥)

خودای تـه‌عالا خـاوه‌نی فـه‌زڵ‌و زیاده‌میهره‌بانیـه‌کی بێ‌ئه‌ندازه‌یه ٠ ئه‌م ئایه‌ته هاته‌خـواره‌وه بۆ به‌درۆخستنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵێ له جووله‌که که به‌رابـه‌ر به موسوڵمانه‌کـان دۆستی‌و خۆشه‌ویستییان ده‌رئه‌بڕی‌و له‌وانه بوون کـه موسوڵمانـه‌کان هه‌لبخه‌ڵه‌تێن بۆیان ٠ جا خودای ته‌عالا ئه‌فه‌رموێت : ئه‌مانـه راست‌ناکه‌ن له‌که‌ڵتان ، وه نه ئه‌م جووله‌کانه وه نه بت‌په‌رسته‌کان حه‌ز ناکه‌ن به‌وه که ئێوه تووشی خێرو پیرۆزی ببن کـه‌وابوو پێویسته ئاگاداری خۆتان بن ٠

﴿ مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ ﴾ :

ئه‌و ئایه‌ته‌ی حوکمه‌کـه‌ی نه‌سخ بکه‌ینه‌وه وه له‌فزه‌کـه‌ی بهێڵینه‌وه ٠

﴿ أَوْ نُنْسِهَا ﴾ :

وه ئه‌و ئایه‌تـه کـه له‌فزه‌کـه‌ی له بـیری تۆ ببه‌ینه‌وه‌و حوکمه‌که‌ی بمێنێ ، وه یاخود له‌فزو حوکمیان نه‌مێنێته‌وه ٠

﴿ نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا ﴾ :

ئایەتێ لە باتی ئەو دێنین کە سوودی لە خوێندنەوەو پاداشی قیامەتا وە یا لە رێکەوتن لەگەڵ سوودی ئێوەدا چاتر بێ لەوەی کە لامان بردووە •

﴿ أَوْ مِثْلِهَا ﴾ :

یا دێین بە ئایەتێ کــــە وەکــوو یارۆی لابــراو وابێ لە رەفتاربی کردنا وە لە سوودی دنیاو قیامەتا •

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ؟﴾(١٠٦)

ئایا تۆ نازانی وە نەتزانیوە کە خودای تەعالا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە ؟

نەسخ ؛ لە زمانی عەرەبا بە مانا (نقل)ە ، خوای نەقڵو گۆرینی شتەکە بێ وەکوو ئەڵێن (نسخت الشمس الظل) یانی رۆژ ئەو سێبەرەی گوێزاوە لەو شوێنە بۆ شوێنێکی تر • وە یاخود نەقڵی وێنەکەی بێ وەکوو ئەڵێن : (نسخت الكتاب) : یانی وێنەکــەم گوێــزاوە بۆ شوێنێ تــر وە لــە کتێبێ تــرا نووسیمەوە •

وە نەسخی ئایەت لە عورفا : بریتییە لە لابردنی حوکمەکەی با خۆی بمێنێتەوە ، وە یا لابردنی خوێندنەوەکەی با حوکمەکەیشی مابێ وە یا لابردنی لەفزو حوکمی بەیەکەوە •

وە ئیحتیمالات لەم شوێنەدا چــوارە ، یەکــەم : ئایەتەکە خۆیو حوکمەکەی بمێننــەوە ، دووەم : خــۆیو حوکمەکــەی هەردووکیان لاببرێن ، وەکوو ئایەتی (رضاع) ـ کە بڕیاری

ده جاری داوه ـ ئیسته نه خۆی‌و نه حوکمه‌که‌ی نه‌ماونه‌ته‌وه ٠ سێهه‌م له‌فزه‌که‌ی بمێنێته‌وه‌و حوکمه‌که‌ی نه‌مێنێته‌وه ؛ وه‌کوو ئایه‌تی وجووبی وه‌صییه‌ت بۆ باوك‌و دایك‌و باقی میراتگره نزیکه‌کان ٠ چواره‌م : حوکمه‌که‌ی بمێنێته‌وه به‌ڵام له‌فزه‌که‌ی نه‌مێنێته‌وه ، وه‌کوو ئایه‌تی به‌رده‌باران‌کردنی پیاوو ژنێ زینا بکه‌ن له پاش ژن‌هێنان‌و شووکردن ٠ ئه‌م صووره‌تانه‌هه‌موو هه‌ن له قورئانا ٠

وه ئه‌م ئایه‌ته نازڵ‌بووه له‌هۆی ئه‌وه‌وه گه‌لێ له جووله‌که‌کان ئه‌یانوت : ئه‌مه چیه ئه‌م پێغه‌مه‌ره گه‌لێ جار فه‌رمان ئه‌دا به شتێ که‌چی له پاشان مه‌نعی ئه‌کا ، وه گه‌لێ جار مه‌نعی شتێ ئه‌کا وه له پاشان فه‌رمانی پێ‌ئه‌دا ؟ جا خودای ته‌عالا له وه‌ڵامی ئه‌وانا ئه‌فه‌رموێت : وه‌زعی ناردنی قورئان وه دامه‌زراندنی یاسا بۆ موسوڵمانان له‌سه‌ر ته‌ماشاکردنی سووده بۆ موسوڵمانان هه‌تا حوکمێ سوودی تیا هه‌بێ وه موافیقی رۆژ بێ ئه‌مری پێ‌ئه‌که‌ین وه کاتێ که وه‌زع گۆڕا وه ئه‌و حوکمه سوودی تیا نه‌ما ئه‌یگۆڕین به حوکمێکی تر ٠ هه‌روا ئه‌بێ له ماوه‌یه‌کدا فه‌رمان ئه‌ده‌ین به خوێندنه‌وه‌ی ئایه‌تێ وه له پاشا ئه‌و ئایه‌ته له‌بیر ئه‌به‌ینه‌وه وه ئایه‌تێ تر له شوێنیا نازڵ ئه‌که‌ین ٠

وه هه‌ر وه‌کوو ئایینی ئیسلام به شوێن دینی عیسادا هاتووه وه گه‌لێ ئه‌حکامی ئه‌وی لابردووه وه ئایینی عیسا به شوێن ئایینی موسادا هاتووه وه گه‌لێ ئادابی ئه‌وی لابردووه ، وه ئایینی موسا گه‌لێ ئه‌حکامی دینه پێشووه‌کانی لابردووه ، وه زانایانی کتێبی ئاسمانی ئه‌مه ئه‌زانن ٠٠ هه‌روا له دینی

ئیسلامیشا قابیله گەلێ لەو حوکمانە کە لە ئەوەڵەوە بڕیاردراوە لە پاش ماوەیێ بگۆڕێ بە حوکمێکی تر کە بۆ رۆژو چەرخ موناسبو رێکە • کەوابو کەس لەم هۆوە حەقی رەخنەی نیە •

﴿ اَلَمْ تَعْلَمْ اَنَّ اللهَ لَهُ مُلْكُ السَّمٰواتِ وَالأرْضِ ؟ ﴾ :

ئایا نازانی کە خودای تەعالا فەرمانداره لە ئاسمانەکانا وە لە عەرزا و فەرمان هەر فەرمانی ئەوە ؟ ئەوە ئەتوانێ هەر فەرمانێ بدا وە هەر فەرمانێ بگۆڕێ •

﴿ وَمَا لَكُمْ مِنْ دونِ اللهِ مِنْ وَلِيٍ وَلا نَصيرٍ ﴾ (١٠٧)

وە نیە بۆ ئێوە بێجگە لە خودا کەسێکی وا کـــە چاوێری ئیشتان بکاتو یارمەتیتان بدات . مەعلومە ئەمەت زانیـــوەو ئەمەیش رابگەیەنە بە ئادەمیزادا تا ئەوانیش بیزانن وە هەموو ئیشێکی خۆیان بسپێرن بە خودا •

﴿ أمْ تُریدُونَ أنْ تَسْئَلُوا رَسُولَکُمْ کَمَا سُئِلَ مُوسی مِنْ قَبْلُ ؟! ﴾ :

ئەم ئایەتە یا خیطابە لەگەڵ کیتابیەکانا لە کاتێکا کە داوای ئەوەیان ئەکرد خودای تەعالا کتێبێ لەئاسمانەوە بنێرێ بۆ لایان لەو کتێبەدا بەیانی ئـــەوە بکـــا کە پێغـــەمەری ئاخـــر زەمـــان رەوانەکراوە بۆ لای ئەوانیش • وە یا خـــــود خیطابە لەگەڵ بتپەرستەکان کە ئەیانوت : باوەڕ ناکەین بە پێغەمەرایەتی تۆ هەتا لەپێش چاومانا سەرنەکەوی بۆ ئاسمان . وە ئەگەر سەریش

بکەوی هەر باوەڕ بە سەرکەوتنەکەت ناکەین هەتا کتێبێ نەیەتە خوارەوە نووسرابێ بۆمان کە فەرمانی تۆ وەربگرین !

جا ئەفەرموێت : یاخود ئێوە ئەی ئیسرائیلییەکان ئەتانەوێ داوا بکەن لەم پێغەمەرە کە هاتووە بۆ لای ئێوە لەگەڵ عەرەبو باقی ئادەمیزادا کتێبێک بێنێ بە تایبەتی بۆتان ، وە یا ئەی موشریکەکانی عەرەب ئەتانەوێ داوا بکەن لە پێغەمەری خۆتان کتێبێکی تایبەتیتـان بۆ بێنێ وەکـوو لەمەوپێش داواکـرا لە موسا ؟! وە ئەم داواکردنەیش هەر سەرکێشیو نافەرمانیە لەگەڵ فەرمانی خودادا ؛ چونکی پاش ئەوە کە خودا پێغەمەرێکی نارد بەئایاتو موعجیزاتەوە حەق نیە بۆ کەس غەیری فەرمانبەرداری داوای شتی تر بکا لەو پێغەمەرە . وە ئەگەر کەسێ وا بکا ئەوە ئەو ئیمانە کە بە ئەسبابەوە بۆی ئامادە بووە ئەیگۆڕێتەوە بە کوفرو بێ باوەڕی .

﴿ وَمَنْ يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ ﴾ (١٠٨)

هەرکەسێکیش کوفر وەربگرێ لە باتی ئیمان وە سەر لەخۆی بشێوێنێ ئەوە ڕێگای ڕاستی ونکـــردووەو بە دەستی خـۆی خۆی سەرگەردان کردووە .

﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً ﴾ :

جا خودای تەعالا ڕوو ئەکاتە موسوڵمانەکانو بە ئامۆژگاری ئەفەرموێت پێیان : گەلێ کەس لە زانایانی کیتـابی ئارەزوو

ئەكەن‌و خواستیان وایە کە ئێوە بگێڕنــەوە بۆ ســەر کوفــرو بێ‌ئیمانی لە پاش ئەوە کە ئیمانتان هێناوە ٠

﴿ حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ ﴾ :

لەبەر حەسوودی بردن بە پایەی ئێوە بە حەسوودییەك کە لە کانگەی نەفسیانەوە دەرئەچێ ٠

﴿ فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ ﴾ :

جا ئێوە لەم چەرخەدا چاوپۆشی بکــەن لەوانــەو سەرفی نەزەریان لێ‌بکەن هەتا خودای تەعــالا فەرمــانی خۆی دێنێ‌و ئەمرتان پێ ئەکا بە جیهاد ٠

﴿ إِنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (١٠٩)

بەڕاستی خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا وە ئەتوانێ چەرخ بگۆڕێ بە نەوعێ خواستی لەسەربێت ٠

﴿ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ﴾ :

نوێژەکانتان بە باشی بەجێ‌بێنن ، وە زەکاتی ماڵیشتان بدەن بە خاوەن حەق ٠

﴿ وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللهِ ﴾ :

هــەر چاکــەیێ بخــەنــە پێشــەوە بۆ خۆتــان تۆڵــەتان دەس‌ئەکەوێتەوە بەلای خوداوەو جــەزای باوەڕو کــردەوەتان زایە نابێ ٠

﴿ إِنَّ اللهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ (١١٠)

بەڕاستی بە هەرچی لە ئێوەوە دەربکەوێ لە ئەحواڵی دەروونیو بیروونیتان خودا بینایە ٠

﴿ وَقَالُوا : لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَنْ كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَىٰ ﴾ :

ئەم کیتابییانە وەکو هەموویان دوژمنی موسوڵمانانو حەزئەکەن موسوڵمانەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر کافرێتی لەناو خۆیشیانا هیچ تیرەیێکیان دان نانێ بە باشی ئەوی تریانا ؛ ئەوانەی جوولەکەن باوەڕیان وایە کە غەیری جوولەکە کەس ناچێتە بەهەشت ، وە ئەوانەیش کە گاورن باوەڕیان وایە کەس ناچێتە بەهەشتەوە گاور نەبێ ٠

﴿ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ﴾ :

ئەم باوەڕە هەڵەو ئەم واتە ناڕەوایە وەکوو باقی وتە پڕو پووچەکانیان لەسەر هەواو ئارەزووی بەتاڵی ئەوانەو شتێ نیە لەسەر راستی دامەزرابێ ٠

﴿ قُلْ : هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ ﴾ :

جا ئەی پێغەمەری رەهبەر تۆ بڵێ بەو دوو تیرە کە : دەلیلتان بێننو دەریبخەن لەسەر ئەم داوایانەتان ٠

﴿ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴾ :

ئەگەر ئێوە راست ئەکەن ٠

﴿ بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ ﴾ :

نه ، نه ، وا نیه ، بەهەشت هەر بۆ تاقە تیرەیێ نیە ، بەڵکوو هەرکەسێ نەفسی خۆی پاككردبێتەوە بۆ رەزای خودا وە پەیرەوی فەرمانی خوداو پێغەمەری خودای کردبێ لە فەرمانی پێغەمەرانی پیشوودا یا پەیرەوی پێغەمەری ئاخرزەمان بکا لە پاش هاتنی ئەو .

﴿ وَهُوَ مُحْسِنٌ ﴾ :

وە ئەو کەسەیش کردەوەی باش‌و رێکی ئایین بێ .

﴿ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنْدَ رَبِّهِ ﴾ :

ئەوە پاداشی باشی خۆی هەیە لەلای خوای خۆی .

﴿ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾(۱۱۲)

وە لە رۆژی قیامەتا ترسیان لەسەر نیەو دڵگران‌و زویر نابن . کەوابێ هەر جوولەکەیێ لەسەر ئایینی حەزرەتی موسا بووبێ تا کاتی هاتنی حەزرەتی عیساو لەپاش هاتنی ئەو پەیرەوی عیسای کردبێ . وە هەر گاورێ پەیرەوی عیسای کردبێ تا هاتنی پێغەمەری ئاخرزەمان ئەمجار لەسەر ئایینی ئەو بووبێ وە هەرکام لەمانە پاش هاتنی پێغەمەری ئاخرزەمان تابیعی پێغەمەر بێ ئەمانە هەموو ئەهلی بەهەشتن .. هەروا ئوممەتی پێغەمەرانی پێشوویش هەرکەس بەڕاستی پەیرەوی ئەوانی کردبێ ئەهلی بەهەشتن ، وە بەهەشت بۆ هەموو کەسێکە باوەڕی بە خوداو پێغەمەران ببێ ..

﴿ وَقَالَتِ الْيَهُودُ : لَيْسَتِ النَّصَارىٰ عَلَى شَيءٍ ﴾ :

جوولەکەکان ئەڵێن : نەصرانیەکان لەسەر ئایینو دینێکی راست نین ؛ چونکە هەموو کەس لە پاش هاتنی موسا تا قیامەت ئەبێ لەسەر تەورات بڕوا ٠

﴿ وَقَالَتِ النَّصَارىٰ : لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيءٍ ﴾ :

وە گاورەکانیش ئەڵێن : جوولەکەکان هەموو لەسەر هیچ ئایینێ نین ٠

﴿ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ ﴾ :

لەگەڵ ئەمەیشا ئەمانە ئەهلی کیتابنو کتێبی خودای تەعالا ئەخوێننەوە وە زانان بە گەلێ شتی راستو حەق نەبوو وا بڵێن ٠

وە پێویست بوو جوولەکەکان بڵێن ئەو گاورانەی ئیمانیان بە عیسا هێناوە لەسەر حەق بوون ، وە گاورەکانیش بڵێن ئەو جوولەکانەی لەپێش چەرخی عیسادا پەیڕەوی حەزرەتی موسایان کردووە لەسەر حەق بوون ٠

﴿ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ﴾ :

هەروا ئەو کەسانەیش کە کتێب نازانن ، وەکو بتپەرستەکان ، وێنەی قسەی ئەوان ئەڵێن بەو دوو تیرەیەو بە موسوڵمانانیش وە دان‌نانێن بە ڕاستی ئایینا ٠

﴿ فَاللهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴾ (١١٣)

جا وازیان لێبێنه خوای تەعالا له رۆژی قیامەتا فەرمانی خۆی دەرئەبڕێ لەناو ئەمانا له هۆی ئەم باسانەوه که نیزاعیان هەیه تیایانا • ئیتر پێویست نیه که تۆ دڵی خۆت ماندوو بکەی به هۆی ئەمانەوه !

﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ مَنَعَ مَسَاجِدَ اللهِ أَنْ يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ ﴾ :

کێ لەوکەسه ستەمکارتره که مەنعی مزگەوتانی خودا بکا لەوه که ناوی خوادی تیا بێـرێو ئیطاعـەو فەرمانی تیا بەجێبهێنرێت !

﴿ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا ؟! ﴾ :

وه کۆشش بکا له وێرانبوونیانا وه یا له ماتڵکردنیان له ناوبردنی خودا !

﴿ أولَئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَنْ يَدْخُلُوهَا إِلاّ خَائِفِينَ ﴾ :

ئەو کەسانه که ئەوه ئەکەن حەقی ئەوەیان نیه بچنه ئەو مزگەوتانەوه ئیللا به حاڵی ترس لـه خـوداو خۆکزکـردن بۆ گەورەیی خودا نەبێ ، چ جای ئەوه که بێشەرمی بکەن وه مەنعی خەڵك بکەن لەوه بڕۆن لەناویانا عیبادەتی خوا بکەن •

﴿ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ ﴾ :

ئیسته مادام له واجبی خۆیان لائەدەن وه مەنعی مزگەوتەکان ئەکەن لەپاداشی ئەم کردەوه خراپەدا رسوایی دنیایان هەیه ٠

﴿ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (١١٤)

وه بۆ ئەوانیش هەیه له قیامەتا عەزابێکی گەوره ٠

ئەم ئایەته هاتەخوارەوه له شانی رۆمییەکانا که هاتن غەزای قودسیان کرد وه (بیت المقدس)یان وێرانکرد ، وه مەنعی کیتابییەکانیان لەوه کرد عیبادەتی خودای تیابکەن ٠ وه هەنێ له موفەسسیران ئەڵێن : له شانی بتپەرستەکانا هاتووەتەخوارەوه کاتێ مەنعی پێغەمەریان کرد بڕوا ئادابی عومره له مەککه بەجێبێنێ له ساڵی واقیعەی حودەیبییەدا ٠ به هەرحاڵ هەرچەن له شانی ئەوانا هاتبێته خوارەوه هەموو کەسێکی وا ئەگرێ که کۆشش بکا بۆ تێکدانی مزگەوتو مەنعی موسوڵمانان بکا له عیبادەتکردن تیایا ٠

وه بەعزێ موفەسسیرین له مەعنای (ما كان لهم ان يدخلوها الا خائفين)دا فەرموویانه : حەقی ئەو کافرانه وابو که نەچنه ئەو مزگەوتانەوه ئیللا بەترسەوه له موسوڵمانان که مەنعیان بکەن ؛ کەچی ئیمڕۆ وەزع وەهایه ئەوانمەنعی موسوڵمانان ئەکەن له چوونەناومزگەوتەوه !

وه بەعزێ فەرموویانه : له عیلمی خودادا وا رابودووه که ئەم کافرانه واکزو داماو ئەکەون که نەتوانن بڕۆنه ناو ئەو مزگەوتانه ئیللا به پەنامەکیو به ترسەوه له موسوڵمانان ٠ وه لەسەر ئەم تەفسیره ئەبێ به موژدەی زاڵبوونی موسوڵمانان

بەسەر کافرانا لەمەولا ، واتە حاڵیان وای لێدێ ناتوانن بڕۆنە مزگەوتی موسوڵمانانەوە مەگەر بە ترس‌و دڵەلەرزێوە ٠

وە بەعزێ فەرموویانە : ئەم جوملە لە صوورەتا ئیخبارەو لە حەقیقەتا نەهیەو ئینشایە ، یانی مەیەڵە ئەو کافرانە بێنە مزگەوتەوە مەگەر بە دزیەوەو بەترسەوە خۆیان بکەن بە مزگەوتا

بەڵام موجتەهیدەکان لەناو خۆیانا ئیختیلافیان بووە لەوەدا کافر بڕواتە ناو مزگەوتەوە :

ئیمامی ئەبوحەنیفە ـخـ ڕەوای داوە موطڵەقا ، بە چەن دەلیل ؛ یەکەم : وەفدی یەثریب هاتـــن بۆ خزمەت حەزرەت (د) ئەویش داینان لە مزگەوتا ٠ دووەم : لە ساڵی فەتحی مەککەدا ئەمری فەرموو جاڕیان دا : هەرکـــەس بڕواتـــە خانـووی ئەبووسوفیانەوە ئەمینە ، وە هەر کەس بڕواتە کەعبەوە ئەمینە ٠

وە ئیمامی مالیك ـخـ ئەفەرموێت : دروست نیە کافـر بڕۆنە ناو هیچ مزگەوتێکەوە چ (مسجد الحرام) لـە دەوری کەعبەدا وە چ باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام ، وە ئەفەرموێت: ئەو حادیسانە کە ئەبوحەنیفە فەرموویەتی لە ئەووەڵی ئیسلامەوە بوون لەپاشا بە ئایەت ئەو حوکمە نەسخ‌کرایەوە ٠

وە ئیمامی شافیعی ئەفەرموێت : دروست‌نیە بڕۆنـە ناو کەعبە وە (مسجد الحرام)وە باقی حەرەمی مەککەوە ، بەڵام دروستە بڕۆنە ناو باقی مزگەوتەکانەوە ٠

﴿ وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ ﴾ :

خۆرهەڵات‌و خۆرنشین لە زەوی هەموو بۆ خودایە ، یانی

عەرز بەڵکوو عالەم هەمووی موڵکی خودایە ۰

﴿ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ ﴾ :

لەهەر شوێنێکا رووی خۆتان هەڵسوورێنن رووبەڕووی قیبلە ئەوە لەویا ئەو مەقسەدە کە روو لەقیبلەکردنە حاصڵ ئەبێ بۆ ئێوە. ئیتر وەنەبێ رووکردنەقیبلە بەسرابێ بەوەوە کــە لە مزگەوتا بن ، یاخود لەهەر شوێنێکا رووبکەنە قیبلە خــودای تەعالا بە زانستو تەوانایی خۆیەوە لەویا هەیە وە زانایــە بەکردەوەو ئەندیشەی دەروونتان ۰

﴿ إِنَّ اللَّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ (١١٥)

بەڕاستی خودای تەعالا عیلمێکی گوشادی هەیەو هەمــوو شتێ ئەگرێو زانایە بەهەموو شتێکی کوللیو جوزئیو دیاریو پەنهانی ۰ ئەمە زاهیری ئایەتەکەیە وەکوو لە بەیضاویدایە ۰ بەڵام ریوایەت کراوە (ابن عمر) ـخـ فەرموویە : ئەم ئایەتە نازڵبووە لە نوێژی سەفەریدا بەسەر وڵاخەوە . بینا لەسەر ئەمە تەفسیری ئایەتەکە وایە : ئێوە لە کاتی ئەو نوێژا روو بکەنە هەر شوێنێ با قیبلەیش نەبێ هەر دروستە ۰ بەڵام ئەبێ ئەمە ببڕرێ بەسەر نوێژی سوننەتا ۰

وە ریوایەت کراوە لە بەعزێکی ترەوە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی کەسانێکا قیبلەیان لێ ونبووبوو وە سەرگەردان بووبوون وە هەرکەسێ رووی کردە لایەکەوە ، ئەم وەزعەیش لە شەوا بوو ، کاتێ کە رۆژ بووەوە دەرکەوت لە قیبلەدا هەڵەبوون۰ جا لەسەر ئەمە کەسانێ کە بە ئیجتیهاد لە قیبلەدا نوێژ بکەن وە

لەپاشان دەرکەوێ قیبلەیان نەپێکاوە قـەزای نوێژەکـەیان لە سەر نیە ٠

وە گەلێ لە زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە تەوطیئەیە بۆ گۆڕاندنی قیبلـە ، وە خودا ئەفەرموێت : مەشریق‌و مەغریب هەموو موڵکی خودایە ، وە هیچ طەرەفێ زاتەن شەئنێکی وای نیە هەر ڕوو لەو بکرێت ، وە خودا هەر شوێنێ بکا بە قیبلە وە رووی لێ بکرێ رەوایە ؛ چونکی قیبلە نیشانەی یەکێتی ئوممەت وە یەکیەتی ئامانجیانە ٠

﴿ وَقَالُوا : اتَّخَذَ اللّهُ وَلَداً ، سُبْحَانَهُ ! ﴾ :

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە رەدی جوولەکەکانا کە وتوویانە (عزیر) کوڕی خودایە ، وە لە رەدی گاورەکانا کە وتوویانـە (عیسی) کوڕی خودایە، ئەفەرموێ : ئەو دوو تیرە وتوویانە خودای تەعالا رۆڵەی بۆ خۆی بڕیارداوە ، وە خودا کەلێ دوورە لەم وەزعە !

﴿ بَلْ لَهُ مَا فِي السَّمٰوَاتِ وَالأَرْضِ ﴾ :

بەڵکوو هەرچی وا لە ئاسمان‌و عەرزا بێ گیان‌و گیاندار هەمووی هی خودایەو لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە ٠

﴿ كُلٌّ لَهُ قَانِتُونَ ﴾ (١١٦)

وە هەموو موسەخەرو رام‌و فەرمانبەرداری فەرمانی خودان، وە شتێکی وا کە رام بێ بۆ هێزی پەروەردگار موناسەبەی نیە بە زاتی ئەوەوە تا ببێ بە ئەسڵ‌و نەتەوە بۆ زاتی ئەو ٠

﴿ بَدِيعُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ ﴾ :

خودا خاوەن تەوانایەکی وەهایە هەموو مەوادی بەرزو نزمی دروست کردووە لە نەبوون ·

﴿ وَإِذَا قَضَىٰ أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴾ (١١٧)

وە کاتێ خواستی لەسەر بوونی شتێ بێ زۆر بە چەسپانی وە بێ مۆڵەت ئەو شتە پەیدا ئەبێ وەکوو ئەوە وشەیەکی زۆر کورت بوترێ وە شتەکە جێبەجێ ببێ · جا پەروەردگارێ خواستی لەسەر هەر شتێ ببێ گورج جێبەجێ
نەسڵو نەتەوە نیە ، وە ئەو قسانە پڕو پووچن ·

﴿ وَقَالَ الَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ ﴾ :

ئەو بتپەرستانە کە حەحقیقەت نازانن ئەڵێن ، یا ئەو کیتابیانە کە خۆیان نەزانئەکەن ئەڵێن :

﴿ لَوْلا يُكَلِّمُنَا اللهُ ﴾ :

ئەوە بۆچی خودا سەربەخۆ قسە لەگەڵ خۆمانا ناکا وەکوو قسە لەگەڵ فریشتەکانا ئەکا ؟ یاخود بۆچی خۆی پێمان ناڵێ کە تۆ پێغەمەری وە لە لایەنی ئەووەوە کراوی بە رەهبەر هەتا پەیڕەویت بکەین ؟

﴿ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ ﴾ :

یا بۆچی دەلیلێکی رووناك نایەتە لامان لەلایەنی خوداوە هەتا ببێ بەهۆی ئەوە کە باوەڕت پێ بکەین ؟

﴿ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ﴾ :

هەر بەوێنەی ئەم وشەیان ئەووت بەرابەر بە پێغەمەرەکانیان ئەوانەیش کە لەپێش ئەم کافرانەدا بوون . ئەوەبوو کۆمەڵێ لە بەنیئیسرائیلی داوای ئەوەیان ئەکرد لە موسا کە خودایان پیشان بدا بەئاشکرا ·

﴿ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ :

دڵی ئەمانو ئەوان هاووێنەی یەکن بۆیە وەکوو یەك داوای شتی ناڕەوا ئەکەن ، بێجگە لەوەیش لەگەڵ ئەم هەموو موعجیزاتەدا کە خودا داویەتی بەتۆ وە ئەوانیش ئاگایان لە گەلێکی هەیە ، ئیتر مەعنای چیە داوای موعجیزە ئەکەن ؟!

﴿ قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ (١١٨)

ئێمە بەڕاستی دەلیلو بورهانمان رووناككردووەتەوە بۆ ئەو کەسانە وە بۆ ئەو تیرەیە کە باوەڕیان بە حەق هەیە ، ئەمانە باوەڕ بە حەق ناکەن بۆیە هێشتا داوای دەلیل ئەکەن ·

﴿ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ﴾ :

تۆ حەقت بەسەر فیزو سەرکێشی ئەمانەوە نەبێ بزانە بە راستی ئێمە تۆمان رەوانەکردووە لەگەڵ ئایینی راستا وە لەگەڵ موعجیزەی راستو رووناکا بە موژدەدەر بۆ خاوەن ویجدانو ئیمانو ترسێنەر بۆ بێزەمیرانو بێباوەڕان ·

﴿ وَلاَ تُسْئَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ ﴾ (١١٩)

تۆ مەسئوول نیتو پرسیارت لێ ناکرێ لەوانە شیاوی عەزابی دۆزەخن بۆچی فەرمانی خودایان بەجێ نەهێنا ٠

﴿ وَلَنْ تَرْضَیٰ عَنْكَ الْیَهُودُ وَلاَ النَّصَارَیٰ حَتَّی تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾ :

تۆ گومانی ئەوە مەبە ئەگەر ئەم کیتابیانە داوای شتێکیان کرد وە خودا بۆیکردن ئیتر پەیڕەوی تۆ ئەکەنو لەتۆ رازی ئەبن ! حاشا ! قەت جوولەکەو گاور لە تۆ رازی نابـن هەتا نەکەویتە دوای ئایینی گۆڕراوو مەنسووخی ئەوان ، کەوابێ :

﴿قُلْ : إِنَّ هُدَی اللهِ هُوَ الْهُدَیٰ ﴾ :

تۆ ــ ئەی رەهبەری گەورە ــ بەوان بڵێ : بەراستی هەر دینی ئیسلام کە خوای تەعالا کردوویە بە رەهنومای عالەم هەر ئەوە شیاوی ئەوەیێ ببێ بە رەهنوماو ئینسان پەیڕەوی بکا ٠

﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَائَهُمْ بَعْدَ الَّذي جائَكَ مِنَ الْعِلْمِ ﴾ :

وە قەسەم ئەخۆم ــ خوانەخواستە ــ ئەگەر تۆ بکەویتە دوای ئارەزووی پڕپووچی ئەوان کە بە ئایینی خۆیانی ناو ئەبەن لە پاش ئەم ئایینە رووناکەی ئیسلام کە هاتووە بۆ تۆ وە لە پاش ئەم زانستو ماریفەتە بەنرخە کە لە لایەنی خوداوە دەستت کەوتووە ٠

﴿ مَالَكَ مِنَ اللهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ ﴾ (١٢٠)

بزانە خودا لێت زوێر ئەبێو عەزابت ئەداو غەیری خودایش

کەس نابێ بە دۆستو یارمەتیدەر بۆ تۆ کە دەفعی ئەو عەزابەت لێ بکا ·

﴿ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاَوَتِهِ ﴾ :

ئەو زانایانەی ئەوتەو کە کتێبمان پێ داون بەهۆی پێغەمەرەکەیانەوە ، وە حاڵو شێوەیشیان وایە کتێبەکەیان ئەخوێننەوە بە خوێندنەوەیەکی راست : لە فزەکانی ئەدا ئەکەن بە بێگۆڕین ، مەعناکانی بە راستی وەرئەگرن ، وە هەر شتێ بگەیەنێ باوەڕی پێئەکەن ، وە وەعدەی بەهەر پێغەمەرو ئوممەتێ دابێ قەبووڵی ئەکەن وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلامو وێنەکانی ·

﴿ أولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ ﴾ :

هەر ئەوانەن کە بە راستی ئیمانو باوەڕیان هەیە بە کتێبەکەی خۆیان ، یا باوەڕیان هەیە بەو (هدی)و بەو دینە هاتووە بۆ لای تۆ ·

﴿ وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ فَأولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴾ (١٢١)

وە هەرکەسێ بێباوەڕی دەرببڕێ بەرابەر بەو کتێبەیان ئەوانە وان لە زیانی دونیاو قیامەتا · یا هەرکەسێ بێباوەڕ بێ بە دینی تۆ ئەوانە وان لە زیانا ·

﴿ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ ﴾ :

ئەی نەتەوەی یەعقووب ! یادی ئەو نیعمەتانەم بکەنەوە کە دام بەباوكو باپیرەتان ٠

﴿ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ ﴾ (١٢٢)

وە یادی ئەوە بکەنەوە کە من پایەم پێدان بەسەر ئەهلی جیهانا لە چەرخی خۆتانا ٠ وە پێویست بوو باوكو باپیرەی ئێوە سوپاسی ئەو نیعمەتانە بکەن وە بەرابەر بەو پایە پێمدابوون لەسەر فەرمانی خودا بڕۆن بە رێدا ، پێویستی ئێوەیش ئەوەیە کە لە چەرخی خۆتانا فەرمانی خودا بەجێبێنن‌و ناونیشانی پێغەمەری ئاخرزەمان نەشارنەوە ، وە خۆتان پەیڕەوی ئەو بکەن‌و خەڵکیش هان‌بدەن بۆ پەیڕەوی کردنی ، نەك لەبەر ئارەزووی دنیایی ناونیشانەکانی ون‌بکەن وە خۆتان پەیڕەوی نەکەن‌و ببن بە کۆسپ لەبەر رێگەی ئەوانەدا کە ئەیانەوێ پەیڕەوی ئەو بکەن ٠

﴿ وَاتَّقُوا يَوْماً ﴾ :

ئەی نەتەوەی یەعقووب ! خۆتان بپارێزن لە ئازاری رۆژێکی وەها ٠

﴿ لاَ تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئاً ﴾ :

سوود نادا هیچ‌کەسێ بە هیچ‌کەسێ بە هیچ‌جۆرە سوودێ ٠

﴿ وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ ﴾ :

وە وەرناگیرێ لە هیچ تاوانبارێ تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی لەباتی ئازاری لەو رۆژەدا ٠

﴿ وَلاَ تَنْفَعُهَا شَفَاعَةٌ ﴾ :

وه سوود نادا به هیچ تاوانکارێ تکا له لایه‌نی که‌سه‌وه .

﴿ وَلاَ هُمْ يُنْصَرُونَ ﴾ (١٢٣)

وه ئه‌و تاوانبارانه یارمه‌تی نادرێن له‌لایه‌نی که‌سه‌وه .

جا له پاش ئه‌وه که خودای ته‌عالا باسی به‌نی‌ئیسرائیلی کردو گه‌لێ باسی نیعمه‌تی خۆی کرد له‌سه‌ریان ئه‌م جاره باسی ئیبراهیمی خه‌لیل ئه‌کا که باوکی هه‌ردوو تیره‌ی به‌نی‌ئیسرائیل‌و به‌نی‌ئیسماعیله ؛ چونکی به‌نی‌ئیسرائیل ئه‌ڕۆنه‌وه‌سه‌ر حه‌زره‌تی ئیسحاق ، وه به‌نی‌ئیسماعیل ئه‌ڕۆنه‌وه سه‌ر حه‌زره‌تی ئیسماعیل، وه ئه‌م دوو زاته کوڕی حه‌زره‌تی ئیبراهیمن ، وه پێویسته بۆیان هه‌ردوو تیره‌که له ئامۆژگاری‌و په‌یڕه‌وی تاقانه باوکه‌که‌یان لا نه‌ده‌ن ، وه ئه‌ویش ده‌رزی ته‌وحیدو ئیسلامی بۆ به‌جێ هێشتوون‌و ئه‌فه‌رموێت :

﴿ وَإِذ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ ﴾ :

ئه‌ی پێغه‌مه‌ری ره‌هبه‌ر باسی ئه‌وه بکه که خودای ته‌عالا وه‌کو یه‌کێ یه‌کێ به‌راورد بکا وه‌ها ئیبراهیمی ئیمتیحان کرد به چه‌ن که‌لیمه‌یێ وه به چه‌ن فه‌رمانێ ژه به‌چه‌ن ئه‌مرو نه‌هیێ .

﴿ فَأَتَمَّهُنَّ ﴾ :

حه‌زره‌تی ئیبراهیمیش ئه‌وانه‌ی به‌ته‌واوی به‌جێ هێنا .

﴿ قَالَ : إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَاماً ﴾ :

جا ئه‌گه‌ر ئه‌پرسی که خودای ته‌عالا چی فه‌رموو به ئیبراهیم .. بزانه ئه‌مه‌ی پێ‌فه‌رموو وتی : ئه‌ی ئیبراهیم من

تۆ ئەکەم بە پێشەوا بۆ ئادەمیزاد وە ئەتکەم بە پێغەمەرو رەهبەر بۆیان بۆ ئەوە کە بانگیان بکەی بۆ دینی تەوحید ٠

﴿ قَالَ : و مِنْ ذُرِّيَّتي ﴾ :

ئیبراهیمیش وتی : خوایە هەنێ لە نەتەوەکانیشم بکە بە پێشەوای ئادەمیزاد ٠

﴿ قَالَ : لا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمين ﴾ (١٢٤)

خودای تەعالا لە وەلاما فەرمووی : پەیمانی منو پایەی ئیمامەتو پێشەوایی لە لایەنی منەوە ناگا بەوانەی کە ستەمکارن بە هۆی بێباوەڕی بە من ٠٠ ئیتر نزیکە بۆ ئەوانەی کە خاوەن بیرو باوەڕی پاکن وە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە من لە ناویانا ئینسانی باش هەڵبژێرمو بیکەم بە ئیمامو پێشەوا بۆ ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە کێشی خوداناسییان پێ‌نیشان بدات ٠

﴿ و إِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِلنَّاسِ ﴾ :

وە باسی ئەوە بکە کە خانووی کەعبەمان کرد بە شوێنێ کە ئادەمیزاد لە هەموو لایەکەوە رووی تێ‌بکەنو بڕۆن بۆ زیارەتی ٠

﴿ وَأَمْناً ﴾ :

وە ئەو خانووەمان کرد بە هۆی هێمنی ئادەمیزاد لە عەزابو ئازاری پاشەرۆژ بۆ ئەوانە کە لەسەر یاسای ئایینی راست بڕۆن بۆ زیارەتی ، وە کردمان بە هۆی هێمنی ئەو کەسانە لەدەورو بەریا مەڵبەندیان کرد ، وە هەرکەس دەستی بردبێ بۆیان ئەو کەسەمان لەناوبردووە ، وە کردمان بە هۆی هێمنی

تاوانباران هەتا وان لەناو ئەو خانووەدا ، حەتا ئەگەر کەسێکیشیان کوشتبێ لەناو ئەو خانووەدا تۆڵەیان لێوەرناگیرێ • (بەڵام ئەم مانا بەس لەسەر بیری ئیمامی ئەعزەمە) •

﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ :

وە فەرمانی دا بە شێوەی خاترخۆیی بە ئێوە کە جێگە نوێژ بۆ خۆتان وەر بگرن وە نوێژی سوننەتی تیابکەن •

﴿ وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ ﴾ (١٢٥)

وە فەرمانمان دا بە ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕی کە ئەم خانووە دەرو ناوی پاكبکەنەوە لە هەرشتێ موناسبی موناجاتی خودا نەبێ بۆ ئەو کەسانە کە بە شێوەی ئایین هەڵئەسووڕێن بەدەوریا وەیا لە ناویا ئەمێننەوە بۆ عیبادەتو بەندەیی خودا ، وە بۆ ئەو کەسانە کە نوێژی تیا ئەکەن وە روکوعو سەجدە ئەبەن بۆ خودای پەروەردگاری عالەم •

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ : رَبِّ اجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا آمِنًا ﴾ :

باسی ئەوە بکە کە ئیبراهیم عەرزی خودای کرد وە فەرمووی : خودایا ئەم شوێنە کە من ئەم عیبادەتخانەیە بۆ تۆ تیائەکەمەوە بیکە بە شارێکی هێمنو پارێزراو لە ئازارو بێزاری وە لەبێداری •

﴿ وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ ﴾ :
وه له بەش‌و بارەی دونیا رۆزی بده بەوانـه کـه تیـا دائەنیشن ٠

﴿ مَنْ آمَنَ مِنْهُمْ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ﴾ :
ئەوانەیان که باوەڕیان به خودایی‌و تەنیایی تۆو رۆژی پاشەرۆژ هەیەو لەسەر یاسای ئایین رەفتار ئەکەن ٠

﴿ قَالَ وَمَنْ كَفَرَ ﴾ :
بەلام خودا له وەلاما فەرمووی : رۆزی ئەدەم بەوانەیش که باوەڕیان نیه ؛ چونکی خەزانەی رزق‌و رۆزی من لەبۆ هەموو گیان‌لەبەرێکه

﴿ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً ﴾ :
جا ئەو بێباوەڕانـەیش ئەژێنم‌و خۆشحالی‌و ژیواریـان پێ‌ئەدەم له ماوەیەکی کەمدا که ماوەی ژیانی دنیایه ٠

﴿ ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَىٰ عَذَابِ النَّارِ ﴾ :
لەپاش ئەوه ناچاریان ئەکەم بو عەزابی نابـاری ئاگـری دۆزەخ ٠

﴿ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴾ (١٢٦)
وه زۆر سەرەنجامێکی نابارو پڕئازارە عەزابی دۆزەخ !
﴿ وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ ﴾ :

وه باسی ئەوه بکه که رووی‌دا ـەو کاتەدا که ئیبراهیم به

یارمەتی ئیسماعیلی کوڕی بناغەی خانووی کابەیان لە عــەرز بەرزەوەکرد •

﴿ رَبَّنَا تَقَبَّــلْ مِنَّا إِنَّــكَ أَنْتَ السَّــمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ (١٢٧)

کە ئەپاڕانەوە لەخوداو ئەیاتوت : خودایا ئەم کردەوەو ئەم زەحمەتەمــان لێقەبوول‌بکــە وەکــو کــردەوەی خــاوەن ئیخلاصان ، ئەی خودا بەڕاستی ئەتۆ شنەوای وتارو دانــای پەنامەکی دڵی ئێمەی •

﴿ رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ ﴾ :

ئەی خودایە بەتایبەتی ئێمە بکە بە دووئینسانی بەڕاسی ملکەچو فەرمانبەرداری خۆت بەپەنامەکیو ئاشکرا •

﴿ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ ﴾ :

وە هەنێ لە نەتەوەیشمان بکە بە کۆمەڵێکی فەرمانبەردارو ملکەچ بۆ خۆت •

﴿ وَأَرِنَا مَنَا سِكَنَا ﴾ :

وە بەڕووناکی بۆمان روون‌بکــەرەوە یاسای بەنــدەییو عیبادەتکردن بۆ خۆت ، وە ئەو شوێنانە کە لەم خانوەداو لــە دەوروبەریا شوێنی ئیطاعەی تۆیە بۆمان بەیان بکە •

﴿ وَتُبْ عَلَيْنَا ﴾ :

وە هەرکاتێ لە بەجێ‌هێنانی فەرمانی تۆدا قوصوورێکمان کرد وە یا بەهەڵەدا چووین چاوپۆشیمان لێ‌بکە ، وە هەرکاتێ

له پاش تاوان روومانکـرد له بارەگـای میهـرەبانیت تۆیش بەمیهرەبانی روومان لێبکە ٠

﴿ إِنَّكَ أَنْتَ التَّوابُ الرَّحيمُ ﴾ (١٢٨)

چونکی بەڕاستی هەر تۆی کە ئاوڕ بدەیتەوە بە میهرەبانی لە بەندەی خۆت وە هەرتۆی میهرەبانو چاوپۆشیکردوو ٠

﴿ رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسولاً مِنْهُمْ ﴾ :

باریخودایا ! رەوانەبکە لـە پاش ئێمە لـە ناو خۆیانا پێغەمەرێکی رەهبەر ٠

﴿ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آياتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتابَ وَالْحِكْمَةَ ﴾ :

کە ئایەتی تۆ بخوێنێتەوە بەسەریانا ، وە کتێبی تۆیان پیشان بدا ، وە هەروا ئەو شتانەی کە هۆی ماریفەتو کەماڵی نەفسی ئادەمیزادن پیشانیان بدا بۆ ئەوە بەتەواوی لە یاسای ئایینو لە هۆی ژینی دنیایی پاك ئاگادار ببن ٠

﴿ وَيُزَكّيهِمْ ﴾ :

وە ئەو پێغەمەرە بەهۆی تەمێو تەربیەوە وە پیشاندانی خوو و رەوشتی جوان دڵیـان نوورانی بکـا وە نەفسیان لـە رەوشتو خووی پەستو صیفاتی نابار پاك بکاتەوە ٠

﴿ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزيزُ الْحَكِيمُ ﴾ (١٢٩)

باری خودایا ! بـەڕاستی تۆ پەروەردگـارێکی وەهـای دەستەڵاتت هەیە بەسەر هەموو شتێکا وە خاوەن حیکمەتی لە کردەوەتا ٠

چەن باسێ لەم شوێنەدا :

یەکـــەم : لەسەر نووسراوی مێژوونووسەکـــان حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل ـدـ کوڕی (تارخ) کوڕی (ناحـــور) کوڕی (شاروخ) کوڕی (ارغو) کوڕی (فالـــغ) کوڕی (عابـــر) کوڕی (شالخ) کوڕی (ارفخشذ) کوڕی (سام) کوڕی (نوح) ـدـ ٠٠٠وە هەزارو دووسەد ساڵ لە پاش وەفاتی (نوح) وە سێ هەزار ساڵ لەپێش میـــلادی عیســـادا لـــەولاتی عیراقـــدا لەدایـــك بووە وە هاوچەرخی پاشای ستەمكار (نمرود) پاشای بابل بووە كە لە جنووبی عیراقەوە تـــا سنووری توركیـــای ئیمڕۆ فەرمانڕەوا بووە ٠

وە دەربارەی شوێنی لەدایكبوونی چەن ریوایەتێ هەیە ؛ بەهێزتریان ئەمەیە كـــە لە (وركـــاء) لـــە نزیكی (شرقات)ی ئیمڕۆدا لەدایك بووە ، وە هەنێ ئەڵێن لە (كوثی) كە ئەویش لە نزیكی (شرقات)دایە ٠ وە هەنێ ئەڵێن لە (سوس) لە نزیكی (عەقرە ـ ئاكرێ) لە شیمالی موصڵەوە لـــەدایك بووە ٠ وە هەنێ ئەڵێن لە (سوس) لە (اهواز) لەدایك بووە كە ئەو شوێنە ئیستە ناو ئەبرێ بە (ششتر) بەڵام ئەم ریوایەتە دوورە لـــە وەزعی ژینی حەزرەتی ئیبراهیمەوە ٠

بە هەرحاڵ ئەم زاتە كە خودای تەعالا پایەی رەهبەری پێدا چوو بە گژ بتپەرستەكانا وە دوژمنایەتی لەگەڵ بتو بتپەرستیا دەربڕی وە هەلی بۆ هەڵكەوت بتەكانی لە بتخانەی بابلدا شكاند جگە لە بتە گەورەكەیان ، ئەوەی هێشتەوەو ئەو میلە كە بتەكانی پێ شكاند نای بەسەر شانی ئەو بتەگەورەوە

بۆ ئەوە کە پیشانی بتپەرستەکانی بدا کە بتەگەورەکە زویر بووە لەوە لەگەڵ بوونی ئەودا بتی بچووك بپەرستن ٠٠ وە لەم بیرەوە خەڵك تێبگەیەنێ کە لەگەڵ بوونی خودای تەعالادا ، کە پەروەردگاری عالەمەو ئاسمانو رۆژو مانگو ئەستێرەو عەرزو دەریای دروستکردووە چۆن عاقڵ باوەڕ ئەکا بەوە ئادەمیزاد بکەونە شوێنی بتپەرستیو خۆیان بت بتاشنو خۆیشیان سەری بۆ شۆڕ بکەنەوە ؟

لەپاش دەربڕینی ئەم بیری خۆیە پاشای بابل ـ نەمروود ـ و میللەتی بابل رقیان گرت لە حەزرەتی ئیبراهیمو لە (ئۆرفە)دا کە شارێکە لە سنووری کوردستانی تورکیەی ئیمڕۆدا ئاگرێکی قەبەیان کردەوە[١] وە بە (مەنجەنیق) ئیبراهیمیان هاویتە ناویەوە ، وە لە پاش ئەوە ئەو ئاگرە قەبەیە کووژایەوە وە سووتەمەنیەکەی هەموو سووتا حەزرەتی ئیبراهیم بە ساغی بەبێ زیان بە سەلامەتی رزگار بوو ! وە ئەم موعجیزەیە دەنگی دایەوە لە هەمرو ولاتەکانا ٠

جا کاتێ نەمروود ئەم کارەساتەی چاوپێکەوت لە بیمی تێکچوونی یاسای ولاتەکەی فەرمانی دا ئیبراهیم لەگەڵ خزمو دەستەو بەستەیا لە عیراق دەرچن ٠

جا حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ (هاران)ی برایو (لوط)ی برازایو (سارا)یکەیبانوویا ـ کە ئامۆزای بوو ـ لە عیراق دەرچوون بۆ (حەڕان) لە جەنووبی شام ، وە پاش ماوەیێ

---

(١) بازێ ئەڵێن : ئەو ئاگرە لە (بێتواتە) لە ژووری هەولێرەوە کراوەتەوەو ، لەسەر ئەم بیرە گەلێ بەڵگە هەیەو ، لەمەولا ئەم باسە بە درێژی ئەنووسین ٠

لەوێش دەرچوون بو فەلەستین . وە لەوێوە چوون بۆ میصر ، وە پاش ماوەیێ لە میصرەوە گەڕایەوە بۆ فەلەستین وە لەم سەفەرەدا لە لایەنی گەورەی میصرەوە جارییەیەکی (هاجەر) ناو بەخشرا بە (سارە) کە هاتنەوە بۆ فەلەستین سارە ئەم جارییەی بەخشی بە ئیبراهیم ، وە لە تەمەنی پیریدا خودا لەم جارییە کوڕێکی دا بە ئیبراهیم ناوی نا ئیسماعیل ، وە چەن ساڵێ پاش لەدایك بوونی ئیسماعیل خودا کوڕێکی کەی دا بە ئیبراهیم ناوی نا ئیسحاق ٠

وە لەبەر حیکمەتێکی خودایی بەفەرمانی خودا حەزرەتی ئیبراهیم هاجەری حەرەمی لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیا لە فەلەستینەوە هەڵگرتو بردنی بۆ حیجاز لە عەرزی شاری مەککەی ئیمڕۆدا لە ناو قەبیلەی (جرهم) کە لە عەرەبی قەحطانی بوون بەجێیی هێشتن‌و خۆی گەڕایەوە بۆ فەلەستین ٠ وە لە پاش ماوەیێ کە ئیسماعیل گەورە بوو خودا ئەمری کرد بە ئیبراهیم رۆیشت بۆ مەککە وە ئەم خانـــووی پیرۆزی (کعبة الله)یە بە یارمـــەتی ئیسماعیلی کوڕی دروست کرد وە کردی بە عیبادەتخانەی هەموو موسوڵمانان وە ئەمری فەرموو کە هەموو موسوڵمانەکان بڕۆن بۆ زیارەتی وە ئادابی‌حەج‌و عومرەی ئیسلامی بەجێ‌بێنن ٠

باسی دووهەم : ئەم کەلیماتە کە خودا لەم ئایەتەدا باســـی کردوون دیاری نەکراوە کە چین ، وە موفەسیرەکان لە ئەصحابەو تابیعین قسەیان زۆرە لەم بارەوە :

هەنێ کەس فەرموویانە : مەبەس لە (کلمات) بەعزێ زیکری تایبەتییە کــە خــودا ئیلهــامی کــردووە لە ئیبــراهیم‌و ئــەو خوێندوویەتیەوە ٠ وە هەنێ کەس ئەڵێن مەبەست لە (کەلیمات) کردەوەیە ٠ جا لەسەر بیری بەعزێ ئەو کردەوانە بریتین لە دە

ئاداب كه ئیبراهیم دایمەزراندوون : وەكو : بەرسمێڵكردن ، وە ئاوڕادان لە دەمو لووت ، وە سیواككردن ، وە نینۆك كردن ، وە بەرتاشین . وە هەڵكەندنی مووی بن‌باڵ ، وە مووی سەر بەشكردن بەلای راستو چەپا ، وە خەتەنەكردنی نێرینە ، وە میوانداری كردنی هەژاران .

وە هەنێ زانا فەرموویانە : ئەو كەلیماتە مەبەس (٣٠)سی خەصلەتە كە خودا لە ئایەتی (التائبون العابدون ...)وە ئایەتی (ان المسلمین والمسلمات والمؤمنین والمؤمنات)دا باسی كردوون .

وە هەنێ كەس تەفسیری كردوونەتەوە بە چەن قسەیەكی گەورە كە حەزرەتی ئیبراهیم بەرابەر بە كافرەكان فەرموویەتی . یەكەم : ئەوەیە فەرمووی بە باوكیو قەومەكەی : (ماذا تعبدون ؟) . دوو فەرمووی : (هل یسمعونكم اذ تدعون او ینفعونكم او یضرون ؟) سێ فەرمووی : (فانهم عدو لی الا رب العالمین) . چوار فەرمووی : (وتالله لاكیدن اصنامكم بعد ان تولوا مدبرین) . پێنج فەرمووی : (بل فعله كبیرهم هذا فاسئلوهم ان كانوا ینطقون) . شەش فەرمووی : (وجهت وجهی للذی فطر السموات والارض حنیفا مسلما وما انا من المشركین) . حەوت فەرمووی : (اتحاجونی فی الله وقد هدانی ؟) هەشت فەرمووی بە نەمروود : (ربی الذی یحی ویمیت) . نۆ فەرمووی پێی : (ان الله یأتی بالشمس من المشرق فات بها من المغرب) ... هەروا لەم بیچمە وتارە بەنرخانە كە بەرابەر بە كۆمەڵێكی بەدڕەوشتو ستەمكارێكی خوڵكزوشتا دەری‌بڕین .

وە هەنێ کەس فەرموویانە : هەڵئەگرێ ئەو (کەلیماتە) بریتی بن لە چەن‌کردەوەیێکی گران کە بە پیاوی لە خۆبوردوو نەبێ ناکرێن • وەکوو جاڕدانی بە ناشایستەیی بت‌پەرستی وە شکاندنی بتەکانی ، وە بەربەرەکانی لەگەڵ قەومەکەی وە لەگەڵ نەمروودی ستەمکار؛ وە رۆیشتن بە رێگەی راستا لەگەڵ بوونی دوژمنی زۆرا وە دەست‌بەرداربوون لە گیان وە رازی بوون بە سووتان لە ئاگرا ، وە بەجێ‌هێشتنی نیشتمان وە دارایی‌و خزم‌و خوێش‌و دەرچوون بۆ وڵاتی بێگانە ، وە هەڵگرتنی باری غەریبی ، وە خۆگرتن لەبەر باری ئازاری ستەمکاران لە وڵاتی بێگانەدا ، وە دوورخستنەوەی کوڕی جگەرگۆشەی خۆی بۆ وڵاتی دوور ، وە بڕیاری سەربڕینی بە قوربانی بۆ خودا ، وە زەحمەت‌کێشان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامـدا ، وە دروستکردنی عیبادەتخانەی حەق بۆ ئادەمیـزاد ، وە بانگکـردنی خەڵك بۆ هەڵسووڕان بەدەوری ئەو پەرستشخانەدا ، وە روونا‌ککردنەوەی یاسای زیارەتی خانەی خودا وە غەیری ئەمانەیش لەو ئیشـــە ئێشگەیێنە گەورانە کە ئەو لە رێگەی رەزای خودادا کردوونی•

وە هەڵئەگرێ کە ئەو (کەلیماتە) بریتی بن لە چەن شتێ کە لەبەینی خـۆی‌و خــودادا بـووبێ وە بۆخـــەڵك روونــاك نەکرابووبێتنەوە •

باسی سێهەم : پایەی (ئیمامەت) یانی پێشەوایی بۆ ئادەمیزاد لـــە کێش‌و ئایینـــی راســـتا پایـــەیـــەکی زۆر بـــەرزەو ئەمە پێویستە بەوە خاوەنەکەی لە ژینی خـــۆی‌و لە دارایی‌و خوێش‌و نەتەوە ببوورێ ئەگەرنا بە بێ مایە ئینسان ناگا بە پایە • هەروا ئەو کەسانەیش کە ستەمکار بن خوای بە هۆی

بیرو باوەڕی ناڕاستەوە وە یا بە هۆی زیانـــدانی ناڕەوا **لە** ئادەمیزاد بەم پایەی پێشەواییە ناگەن ، وە هەرکەسێ بە بێ ڕاستی بە پایە بگا ئەوە پایەکەی لە ماوەیەکی کەم‌و کــووڕا ئەبێ‌و پایەدار نابێ ، وە لاپەڕەی مێژوو ڕووناك ناکاتەوەو چاکەی نەبڕاوەی بەدەست ناگا ٠

باسی چوارەم : ڕەوایە بۆ ئەو کەسانە کە لەبەر ڕەزای خودا تێ‌ئەکۆشن وە تەمێ‌و تەربییەتی ئادەمیزاد ئەکەن داوای ئەوە بکەن کە لە نەتەوەی خۆیانا چەن کەسێکی بەرجەستەو هەڵکەوتوو پەیدا ببن بۆ ئەوە خێر لە وەجاخیانا پایەدارو دەوامدار بێ ٠

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی کردەوە بەرزەکانی حەزرەتی ئیبراهیمی کرد ، سەلامی خوای لێ‌بێ ، فەرمووی :

﴿ وَمَنْ يَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ ؟ ﴾ :

کێیە ئەو کەسە لابدا لە دین‌و ئایینی ئیبراهیم مەگەر کەسێ کە نەفسی خۆی سووك بکا ؟

﴿ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ ﴾ (١٣٠)

وە بەڕاستی ئێمە ئیبراهیمیمان هەڵبژارد لە جیهانا لە زەمانی خۆیا وە لە ناو کۆڕی ئادەمیزادی ئەو چەرخەدا بۆ هەڵگرتنی پایەی ڕەهبەری ، وە بە هەموو هێزی هەڵی‌گرت وە گەیاندی بە ئادەمیزادا ٠ وە بەڕاستی ئەو زاتە لە ڕۆژی پاشەڕۆژیشا **لەناو** سەربەرزەکانا بە یەکەمەردی بۆ خودا صوڵحاو حسێب ئەکرێ ،

وه هەموو کەس لەو رۆژەدا دان ئەنێ بە پایەو مایەی ئەودا ...
وه ئەساسی ئەم هەڵبژاردنەیش هەر لەو کاتەوە بوو :

﴿ إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ : أَسْلِمْ ﴾ :

که له پێش ئەوەدا ببێ بە رەهبـــەر خودا پێیفەرموو بە ئیلهامو خستنەناودڵیەوە : کە ملکەچ ببە بۆ خودای خۆت بـــە هەموو مەعنایێ .

﴿ قَالَ : أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ (١٣١)

ئەویش فەرمووی : ئەوا ملکەچ بووم بۆ پەروەردگـــاری عالەم بەهەرچی وا لە تاقەتدا بە نەفسیخۆمو نەتەوەمو داراییم .

ئەم جارە خودای تەعالا لە بەیانی بەرزی پایەی ئیبراهیمدا ئەفەرموێت :

﴿ وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ : يَا بَنِيَّ إِنَّ اللهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ (١٣٢)

یانی ئیبراهیم وەنەبێ تەنیا خۆی لەسەر فەرمانی خـــودا بووبێ ، بەڵکو ئەوەندە دڵی دڵسۆزی دینی بە نووری خوداناسی برژابوو وەصییەتی کرد بە چاودێریو خزمەتی دینەکـــەی بۆ هەرچوار کوڕەکەی ؛ بۆ : ئیسماعیلو ئیســـیحاقو (مدين)و (مدان) ، وه بۆ یەعقووبی کوڕەزایشی وه بەگەرمی بانگیانکردنو فەرموویان : ئەی رۆڵەکـــان ! خـــودای تەعالا ئێـــوەی لـــەناو ئادەمیزادا جیاکردووەتەوە بۆ ئەوە کە بتانکا بە خانـــەدانی رەهبەریو بڵاوکردنەوەی خوداپەرستی ، وه ئەم دینی ئێوەیشە

پالاوتره له هەموو دینه پێشووەکان ، وه ئەو یاسایه که بـــۆ ئەم چەرخی ئێوه دەستبدا داویەتی پێتان مادام وایـــه ئێوه مەمرن مەگەر به حاڵی ئیسلامیەتەوه ، واته ئیسلامییەت وەربگرن به هەموو تواناتانەوه بابێ به خوو رەوشتی دامەزراوتان تـا کاتێ که مردن به موسوڵمانی بمرن ٠

فەرموودەی خودا (أم كنتم شهداء)

ئیمامی واحیدی فەرموویەتی : ئەم ئایەته هاته خوارەوه کاتێ که جوولەکەکان وتیان به حەزرەتی پێغەمەر (د) : وەختی خۆی حەزرەتی یەعقووب وەصییەتی کردووه بۆ کوڕەکانی که لەسەر ئایینی یەهوودییەت دەوام بکەن که وابێ مومکین نیه ئێمه تەرکی دینی خۆمان بکەین وه تابیعی تۆببین ! جا خودای تەعالا قسەکەیان رەدئەکاتەوه ئەفەرموێ : ئێوه کەی حازر بوون لـەو کاتەدا که ئاکامی یەعقووب هات وه هێشتا گیانـی تێدامابوو کوڕەکانی گرد کردەوه پێیفەرموون : پێمبڵێن له پاش مردنی من کێ ئەپەرستن ؟ ئەوانیش عەرزیانکرد : ئەو خودا ئەپەرستین که تۆ وه باوكو باپیرەی تۆ ـ که بریتین له ئیسماعیلو ئیسحاقو ئیبراهیم ـ پەرستوویانه که خودایەکی تاقوتەنیایه ، وه ئێمـه ملکەچینبۆ ئەو خودایەو ، ئەو کوڕانه ئیعتیرافیان کرد بەوه که دینی یەعقووبو ئیسحاق راسته وه دینی ئیسماعیلو ئیبراهیم راسته وه بەوه که ئیبراهیم ـ باپیریان ـ دۆعای کردووه لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیا که خودای تەعالا له نەتەوەو تیرەی ئیسماعیل پێغەمەرێکیان بۆ بنێرێ که ئایەتی خودایان بەسەرا بخوێنێتەوه ، وه له کوفرو تاوانباری پاکیان بکاتەوه وه ئەو کوڕانه ئەیانزانی بەوه که له نەتەوەی ئیسماعیلدا پێغەمەرێکی وا پەیدا ئەبێ ٠٠

وه ئەم باسە پشت بەپشت لە ناوتانا مەشهوور بووە وە خۆتان دانتان پیاناوە وە ئیستە ئەم درۆیانە بە دەمی یەعقووبـــــەوە ئەکەن !

وە لە ریوایەتێ ترا هەیە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتووەتە خوارەوە بە خیطابو قسەکردن لەگەڵ ئوممەتی پێغەمەرا (د) ، بەیانی ئەوەیان بۆ ئەکا کە رەهبەرەکان هەموو لە کاتی خۆیـا وەصییەتیان کردووە بۆ ئەولادو نەتەوەو پەیرەوانیان کە لەسەر دین دەوام بکەن ، وە بەهۆی فیتنەی دنیاوە لە دین هەڵنەگەڕێنەوە وە ئەفەرموێت :

﴿ أَمْ كُنْتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قالَ لِبنيهِ : ما تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدي ؟ قالُوا : نَعْبُدُ إِلٰهَكَ وإِلٰهَ آبائِكَ إِبْراهِيمَ وإِسمَاعيلَ وَإِسْحاقَ إِلٰهاً واحِداً ونَحنُ لَهُ مُسْلِمونَ ﴾ (١٣٣)

واتە : ئایا ئێوە حازرو ئاگادار بوون لەو کاتەدا کە مردن بەڕاسەری حەزرەتی یەعقووبەوە بوو وە نزیکی وەفات بوو کە فەرمووی بە کوڕەکانی : ئێوە لە پاش مردنی من کێ ئەپەرستن ؟ ئەوانیش عەرزیانکرد : ئەو خودایە ئەپەرستین کە تۆ ئەیپەرستی وە باوكو باپیرت ئەیانپەرســت ، وەکو ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاق کە ئەو خودایە تاقو تەنیایە وە ئێمە هەموو ملکەچـــی ئەوین •

کە مادام ئەو رەهبەرە خاوەن مەقامانە هەموو لەسەر حاڵی وەصییەت وە ئامۆژگاری نەتەوەیان بوون پێویستە ئێمـــەیش لەسەر ئەم دیـــنو ئایینـــــی خوداپەرستیو راســـتخواهییە دەوامداربینو بە هیچ فیتنەو تەماعی دنیا لانەدەین هەتا خوا بە

میهرەبانی خۆی پایەدارمان بکا ٠

جا پاش ئەمانە خودای تەعالا ئیشارە ئەکا بۆ حەزرەتی ئیبراهیم وە ئەولادەکانی وە پەیڕەوانی ئەوانو ئەفەرموێت :

﴿ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ﴾ :

ئیبراهیمو پەیڕەوانی کۆمەڵە بەختیارێ بوون رابوردن لە دنیا دەرچوونو گەڕانەوە بۆ عالەمی بەرزەخ ٠

﴿ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ ﴾ :

بە سوودی ئەوانە ئەو بیروباوەڕە باشەو ئەو کردەوە پەسەندانە کە بوویانە ٠ وە بۆ سوودیئێوەیشە ئەوەی کە ئێوە جێبەجێی ئەکەن لە کردەوەی باش ٠

﴿ وَلا تُسْئَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ :(١٣٤)

پرسیار ناکرێ لە ئێوە لەو کردەوانە کە ئەوان کردوویانە هەرچۆن بووبێ وە کردەوەی خۆیان عائیدی خۆیانە ٠

جا ئەگەر لە جوملەی (تلك امة قد خلت) مەبەس رەهبەرەکانو پەیڕەوەکانیشیان بێ لەبەر ئەوە کە لە باسی گەورەوە تابیعیش دێت بە خەیاڵ ئەوە مەعنای ئایەتەکە رووناکە ؛ چونکی پەیڕەوەکانیان وەکو کردەوەی باشیان بووە خراپەشیان بووەو خودا ئەڵێت: ئێوە مەسئوول نین لە گوناهو تاوانی ئەوان ٠ وە ئەگەر هەر ئیشارە بێ بۆ گەورەکان ئەوە پێویستە بڵێین ئەم جوملە کینایەیە لەوە کە ئێوە بە کردەوەی باشی ئەوان رزگار نابن ٠

﴿ وَقَالُوا : كُونُوا هُوداً أَوْ نَصَارَىٰ تَهْتَدُوا ﴾ :

واوی (قالوا) ضەمیری جەمعی موزەکەری غائیبە راجیعە بۆ ئەهلی کیتاب لە جوولەکەو گاورەکان ٠ وە ئەم ئایەتە وەکو

(ابن عباس) فەرموویەتی : هاتووەتە خوارەوە دەرحەق بـــە کۆمەڵێ لە جوولەکە گەورەکان وەکوو کەعبی کوڕی ئەشرەف‌و مالیکی کوڕی صەیف‌و وەهەبی کوڕی یەهوذاو ئەبوویاسیر کوڕی ئەحطەب وە لە کۆمەڵێ لە گاورەکانی خەڵکی شاری نەجران ٠

ئەم ئەهلی کیتابە هەموو لایەکیان دوژمنی ئەهلی ئیسلام بوون ، وە تەنها دانیان بە دینەکەی خۆیانا ئەنا : جوولەکەکان گومانیان وابوو هەر ئەوان خاوەنی دینی راستن و موسا لە هەموو پێغەمەرێ گەورەترە ، وە ئینکاری عیساو ئینجیل‌و محەمــەدو قورئانیان ئەکرد ، وە گاورەکانیش گومانیان وا بوو کـــە هەردینی ئەوان راستە وە عیسا لە هەموو پێغەمەرێ گەورەترە وە ئینکاری باقی پێغەمەرانیان ئەکرد ٠

جا جوولەکەکان ئەیانوت بەموسوڵمانەکان : بێنە ســەر دینەکەی ئێمە هەتا بگەن بە دینی راستی ، وە گاورەکانیش هەم پێیان‌ئەوتن : بێنە سەر دینەکەی ئێمە ئەگەن بە دینی راست‌و لە عەزاب رزگار ئەبن ٠

وە لە ریوایەتی (ابن اسحاق) و (ابن جریر) و غەیــری ئەمانەدا ئەڵێ عەبدوڵڵای کوڕی صووریای یەك‌چاو هات وتی بە حەزرەت (د) : یا محمد دین هەر دینی ئێمەیە بکەوە سەر دینی ئێمە هەتا رێگەی راستت دەس‌کەوێ ! وە گاورەکانیش هەر هاتن قسەیەکی وایان کرد لەگەڵ حەزرەتا (د) جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە وە فەرمانی دا بە پێغەمەری نازدار :

﴿ قُلْ : بَلْ مِلَّةَ إِبْراهِيمَ حَنِيفاً وما كانَ مِـــنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ : (١٣٥)

ئەی خۆشەویستی من بڵێ بەو جوولەکەو گاورانە : ئێمە

ئەکەوینە سەر بیرو باوەڕی حەزرەتی ئیبراهیمی باوکمانو باپیرەگەورەمان کە حالی وابوو لای دابوو لە هەرچی بیرو باوەڕی پڕوپووچو بەتاڵە . وە بە قەراری قەطعی شەریكو هاوڕێی بۆ خوداقەرار نەدا ‥ ناکەوینە شوێن جوولەکەی لەدینی حەقلادەری رێونکردوو کە ئەڵێن : (عزیر) کوڕی خودایەو لە ئیجادا شەریكو هاوڕێی خودایە ! وە ناکەوینە شوێن گاورە خوداغەزەبلێکرتووەکان کە عیسا بە کوڕی خودا دائەنێن ! وە دینی ئێوە لە ئەساسا دینی تەوحید بوو وە ئێوە ئەو دینەتان تێکدا ، وە ئیستا یاسای راستو خاوێنتان لەلا نەماوە ئیعتیقادو بیرو باوەڕتان فاسید بووەو کردەوەکەتان ناپەسەندە ٠

وە هەموو بە جارێ ئەی موسوڵمانەکان ٠

﴿ قُولُوا : آمَنَّا بِاللهِ وما اُنْزِلَ إِلَيْنا ﴾ :

بڵێن : ئیمانو باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهان ، وە باوەڕو ئیمانمان هێنا بەو کیتابەی کە لە لایەنی خودای تەعالاوە هاتەخوارەوە بۆ سەر پێغەمەرەکەمان بۆ ئەوە بیگەیەنێ بە ئێمەو تەربیەتی ئێمەی پێ بکا ٠

﴿ وما أُنْزِلَ إِلى إِبْراهِيمَ وإِسْماعِيلَ وإِسْحٰق ويَعْقُوب والأَسْباطِ ﴾ :

وە ئیمانمان هەیە بەو صەحیفانە کە خودای عالەم ناردنیە خوارەوە بۆ سەر حەزرەتی ئیبراهیمو کردیشی بە شەریعەتو ئایین بۆ حەزرەتی ئیسماعیلو حەزرەتی ئیسحاقو حەزرەتی یەعقووب وە بۆ نەتەوەکانی ٠

﴿ وَما أُوتِيَ مُوسى وَعيسى ﴾ :

وە ئیمانمان هەیە بە تەورات کە خودا ناردیەخوارەوە بۆ

سەر موسا (د)وە بەو ئینجیلە ناردیەخوارەوە بۆ سەر عیسا (د)٠

﴿ وما أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ ﴾ :

وە بەو صەحیفانە کە دران بە پێغەمەران لەلایەنی خودای خۆیانەوە ٠

﴿ لا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ ﴾ :

هیچ جیاوازی ناکەین لە ناو ئەو رەهبەرانەدا کە خودای تەعالا ناردوونی بۆ تەمێی ئادەمیز د ـ لەصیفەتی رەهبەریدا : هەموویان رەهبەر بوون ، وە لە ئیمان‌و باوڕیشدا ئیمانمان بە هەموویان هەیە ٠

﴿ ونَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴾ : (١٣٦)

وە ئێمە کە کۆمەڵی ئوممەتی ئیسلامین ملکەچ‌و فەرمانبەرداری خودای تەعالاین ٠

﴿ فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ ما آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا ﴾:

ئەگەر وشەی (مثل) زیاد نەبێ ئەوە ئەم ئایەتە بۆ بەربەرەکانیە لەگەڵ جوولەکەو گاورەکانا ٠ واتە : ئەگەر ئیمانیان ببێ بە وێنەی ئەو کتێبە کە ئێوە ئیمانتان پێ‌ی هەیە ئەوە بە خاوەن روشدو شارەزایی ئەناسرێن ، بەڵام وێنەی کتێبی ئێوە لە کوێ دەس‌کەوێ ؟! دیارە کتێبی وایان نیە کەوابێ هیدایەت‌و شارەزایی‌و رێگەی راستیان نیە ٠

وە ئەگەر وشەی (مثل) زیاد بێ ئەوە مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە : ئەگەر ئەو کافرانە لەم عەنادو شۆرە لادەن وە ئیمان بێنن بەوەی ئێوە ئیمانتان پێ‌هێناوە وە بێنە ریزی موسوڵمانانەوە ئەوە بەڕاستی گەیشتوون بە مەطلووبی حەق ٠

﴿ وإِنْ تَوَلَّوا ﴾ :

وه ئەگەر پشت هەڵئەکەن لە ئیمانو ئیمان ناهێنن بـــە شێوەیەکی ساغو ساف لە خیلاف ٠

﴿ فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ ﴾ :

ئەوە بزانن بەڕاستی تەوانە هەر وان لە ناو بەربەەکانیو دوژمنایەتی موسونماناناو موبالاتیان پێمەکەنو لێیان مەترسن٠

﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ ﴾ :

بەڕاستی خودا بەسەو بەشی تۆو کۆمەڵەکەت تـەکا لە هۆی ئەوانەوە . وه چاریان ئەکا وه زیانیان لائەدا لێتان ٠

﴿ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ (١٣٧)

وه خودا هەموو قسەو باسێ ئەبیێو زانایە بە هەموو فڕو فێلێکی دیاریو پەنامەکیی ئەو کافرانە ٠

﴿ صِبْغَةَ اللَّهِ ﴾ :

ئەی ڕەهبەری نازدار بڵێ : خودا ئێمەی ڕەنگ کردووە بە ڕەنگی ئیمانو باوەڕ ٠

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً ؟ ﴾ :

کێیە ئەو کەسە کە جوانترو دامەزراوتر بێ لە خودا لە هۆی ئەو ڕەنگەوە کە دڵی بەندەکانی خۆی پێڕەنگ ئەکا بە بیرو باوەڕی ڕوونو کارو کردەوەی چاك ؟

﴿ وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ ﴾ : (١٣٨)

وه ئێمە ـ واتە هەموو موسوڵمانان ـ ڕەهبەری ئیســلامو پەیڕەوەکانی هەر بۆ خودای عالەم عیبادەتو بەندەیی ئەکەین ، وه قەت شەریكو وێنەی بۆ دانانێین ٠ بەڵام ئێوە ئەی کۆمەڵی جوولەکەو گاور بیرو باوەڕتان سافنیە ؛ چونکی شەریك دائەنێین بۆ خودا ، وه کردەوەتان چاك نیە : چونکی کتێبـــی خوداتان

گۆڕی وه هەڵتانسووڕان لەو مەعنایه کـــه بۆی دانراوه ، وه دڵتان لەگەڵ باقی موسوڵمانانو باقی ئادەمیزادا خراپه •

﴿ قُلْ : أَتُحاجُّونَنا في اللهِ ﴾ :

ئەی پێغەمەری من ! بڵێ بەو خاوەن کتێبانه که به ناحەق شۆڕئەنگێزیو جیدال ئەکەن لەگەڵتانا : بۆچی موجادەله ئەکەن لەگەڵمانا له هۆی کاری خوداوه • وه ئەڵێن خودای تەعالا هەر لەنەتەوەی ئیسرائیل پێغەمەر رەوانه ئەکا بۆ سەر ئادەمیزاد ، وه ئەگەر تۆ پێغەمەر بوویتایێ له ئێمه ئەبووی ، وه ئەڵێن له پاشه رۆژا بەهەشت هەر بۆ ئێمەیه •

﴿ وهُوَ رَبُّنا ورَبُّكُمْ ولَنا أعْمالُنا ولَكُـــــمْ أعْمالُكُمْ ﴾ :

لەگەڵ ئەوەدا خودای تەعالا بێ فەرقه بۆ ئێمەو ئێوه وەکـو خودای ئێوەیه خودای ئێمەیشه وه پەروەردگاری عالەمـه ، وه تۆڵەی کردەوەی ئێمه هـــەر بـــۆ ئێمەیه وه تۆڵەی کردەوەی ئێوەیش هەر بۆ ئێوەیه •

﴿ ونَحْنُ لَهُ مُخْلِصونَ ؟ ﴾ :(١٣٩)

زیاد لەمانه بەڕاستی ئێمه ساغ بۆ خودای تەنیا عیبادەت وه بەندەیی ئەکەینو وەکوو ئێوه نه عوزەیرو نـــه عیسا بەخودا نازانین • دەی پێمان بڵێن ئەم داوا پووچانه لەسەر چ یاسایــێ ئەکەن ؟ ئەگەر لەسەر میهرەبانیخودایه ئەوه خـــودا خودای هەموومانەو بۆ ئێمەو ئێوه بێفەرقه : وەکو پێغەمەر له نەتەوەی ئیسرائیلدا رەوانه ئەکا له نەتەوەی ئیماعیلیشا رەوانەی ئەکا ، وەکو له نەتەوەکانی تریشا هەر رەوانەی کردووه • وه وەکو لەسەر ئەساسی کردەوەو ئیستیعدادی خزمەتکاری خودا پێغەمەری

له ئێوە ڕەوانەکردووە ئەو ئیستیعدادە لە ئێمەیشا هەیە ، بەڵکو ئێمە لە ئێوە باشترین : چونکی شەریکمان بڕیار نەداوە بـــۆ خودا ••• وە ئەگەر لەسەر ئەساسی طاعەتو کردەوەی باش خودا پێغەمەری لە ئێوە ناردووە وە بەهەشت ئەدا بە ئێـــوە ئێمەیش کردەوەی باشمان زۆرە ، بەڵکوو کردەوەی ئێمـــە مەقبوولە : چونکی لە شیرکو ناهەمواری پاکە •

﴿ أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطَ كَانُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى ؟! ﴾ :

یـا خود ئـــەو کیتابییانە ئەڵێن : ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو نەتەوەکانیـــان هـــەموو جوولەکـــەو گاور بوون ؟! کەوابێ ئەبێ هەموو پێغەمەرێ هەر لـــە یەهوودیو نەصرانی بنو هەر ئەمانە بڕۆنە بەهەشتەوە •

﴿ قل : أَأَنْتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللهُ ؟ ﴾ :

ئەی ڕەهبەر بڵێ پێیان : ئایا ئێوە زاناترن بەشتی ڕاست یا خودای تەعالا کە پەروەردگاری هەموو شتێکە ؟ ئایا لە نـــاو هەموو خاوەن کیتابێکدا مەشهوور نیە کە ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووب لەپێش داهاتنی ئایینـــی جوولەکەو گـاورا بوون ؟ دەی بۆچی ئێوە ئەم شتە ڕاستانە ئەشارنەوە ؟

﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَتَمَ شَهَادَةً عِنْدَهُ مِنَ اللهِ ؟ ﴾:

کێیە ستەمکارتر بێ لەوانە کە ئەو شادەتی خودایە لەلایەو ئەیشارێتەوە ، چ لە ئێوە کە لەو کتێبانـــەدا هاتووەتە خوارەوە بۆتان ئەحواڵی ئیبراهیمو ئەولادەکانی بەیان کراوە بۆتان کە دوور بوون لە یەهوودییەتو نەصرانییەت هەتا ئەم دینانە پاش چەن قەرن بە هۆی تەوراتو ئینجیلەوە کەوتوونەتە نـــاو وە

پێغەمەرە پێشووەکان لەم حاڵانە دوور بوون وە ئەو ناوەیـــان نەبووە ؛ بەڵکـــو دینی یەهـــوودییەت‌و نەصرانییەت بەم جۆرە کە لە ناو ئێوەدا هەیە کە پڕە لە گۆڕینی شتی راست‌و شیرکـــی تێدایەو ئادەمیزادیان کرد بە شەریکی خـــــودا ، وە ئەحبارو روهبانەکانیان کرد بە خاوەن شەریعەت ئەوە هیچ پێغەمـــەرێ ، وە هیچ رەهبەرێ ، وە هیچ ئادەمیزادێکی هۆشیار پەسەندی ناکا وە وەری ناگرێ ، وە چ ئەو شادەت‌گومکەرە لە موسوڵمانەکـــان بێ کە لە کیتابەکەیانا هەیە خودا فەرموویەتی : ئیبراهیم نـــــە یەهوودی بووەو نە نەصرانی بووە بەڵکوو رەهبەرێکی بـــەرزو پاك‌و خاوێن و لە پڕو پووچ لادەر بووە بۆ لای راستی وە لـــــە ئەهلی شیرك نەبووەو تەورات‌و ئینجیل لەپاش ئەو بە چەن قەرن هاتوونەتە خوارەوە : چونکی ئادەمیزادی بەرز لە هەر چەرخێکا ببێ ئەوەیە کە بیروباوەڕی رووناك وە کردەوەی چاك بێ وە قسەی راست بێ وە خیانەت‌و ناپیاوی لەگەڵ ئادەمیزادا نەکـــا وە شەهادەت‌و وەصییەت‌و ئامۆژگاری گوم نەکا •

هەروا ئەوەی ئەهلی کیتابە لە کتێبە راستە دینیەکانـــــی ئێوەدا هەیە کە پێغەمەری ئاخرزەمان لە نەتەوەی ئیسماعیل وە لە کێوانی وڵاتێ حیجازەوە دەرئەکەوێ وە نیشانەی خـــۆی‌و ئوممەتەکەی لـــــەو کتێبانەدا بەیان‌کراوە وە ئێوە ئەوانەتـــان بیستووە وە زانیوتانە وە پەیمانتان لێ وەرگیراوە کە ئەوانـــە گووم نەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ئیستە گومیان ئـــەکەن ، بەڵکـــوو دوژمنایەتی‌و بەربەرەکانی لەگەڵ نەفسی ئـــەو رەهبەرە پیرۆزەو لەگەڵ ئوممەتەکەیا ئەکەن •

﴿ وما اللهُ بِغافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُون ﴾ : (١٤٠)

ئەوەندیش بزانن کە پەروەردگار بێ ئاگا نیە لەوەی ئێوە ئەیکەن ·

﴿ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ (١٤١)

ئەو کۆمەڵە رەهبەرانەو پەیرەوە باشەکانیان ئوممەتێك و کۆمەڵێك بوون رابوردن و چەرخ و رۆژی خۆیانیان تەواو کرد ، کردەوەی خۆیان بۆ خۆیانە وە کردەوەی ئێوەیش بۆ ئێوەیە · کردەوەی ئەوان بۆ خۆیان سوودی بووە وە بۆ ئێوە سوودی نابێ مادام ئێوە ئیمانتان نەبێ و رێگەی راست نەگرنەبەر ، وە ئێوە پرسیارتان لێ ناکرێ لە کردەوەی ئەوان · واتە رەفتارو یاسای خودا وەهایە هەرکەس پەیوەندی بە بیرو باوەڕو رەفتاری خۆیەوە هەیە ، نە خێری کەس بۆ کەسەو نە شەڕی کەس لەسەر کەس ئەنووسرێ · وە خودا عادڵ و دادگەرەو خودا دوو دادگای هەیە : دادگایێ لەم جیهانەدا کە تۆڵەی ئەو کەسانەی پێ ئەداتەوە دوایان ناخا · وە دادگایێ لە پاشەڕۆژا بۆ ئەو کەسانە کە تۆڵەی بیرو باوەڕو کردەوەیان دوا ئەخا ، وە ئەم یاسا دامەزراوە هەتاهەتایە ·

﴿ سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنَ النَّاسِ ﴾ :
لەمەولا عەقڵ سووکەکانی جوولەکە ئەڵێن ·

﴿ مَا وَلَّاهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا ؟ ﴾

چی بوو هۆی ئەوەی کە موسوڵمانەکانی هەڵسووڕان لە رووکردنی ئەو قیبلەیە روویان تێ ئەکرد ؟

﴿ قُلْ : لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ ﴾ :
تۆ بڵێ ئەی رەهبەری ئیسلام : وڵاتی خۆرهەڵات و خۆرنشین هەر

بۆ خودایە ، وە خودا دروستی کردوون ، وە خوداخواستی لەسەر نرخو حورمەتی هەر لایەکیان بێ دێتە جێ ٠
﴿ يَهْدِي مَنْ يَشاءُ إِلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾(١٤٢)
وە خودای تەعالا شارەزا ئەکا هەرکەسێ بیەوێ بۆ رێگەی راست کە عیبادەتکردنەو رووکردنە لە قیبلەو غەیری ئەوەیش کە فەرمانی پێ بدا ٠
ئـەم ئایەتە پیرۆزە هاتەخوارەوە لەپێش گۆڕانی قیبلە لـە (بيت المقدس)ەوە بۆ کەعبە ، وە پێش نیهادە بۆ موسولمانەکان کە ئەو رووداوە لە بەرچاوی جوولەکەکانا گەورەیەو دڵیـــان تێك ئەدا . وە ئەیان هێنێتە وتووێژو قسەی پووچ بڵاوکردنەوە لەناودا ٠٠

لەم شوێنەدا هەندێ شت هەیە بە موناسەبە باسی ئەکەین :

یەکەم : زاناکانی دین فەرموویانە : کە پێغەمەر (د) لــە پێش ئەوەدا ببێ بە پێغەمەر بە ئایینی هیچ پێغەمەرێکی پێشوو رەفتاری نەکردووە ٠ ئەنا ئەبوو بە تابیعو پەیرەو نەدەبوو بە مەتبووعو رەهبەر ، وە ئەگەر وابوایێ ئەهلی ئەودینە ئــەیان گێڕایەوە بۆ خەڵكو خۆیان پێ گەورە ئەکرد ٠
دووهەم : لە پاش وەرگرتنی پایەی نوبووەتو رەهبــەری عیبادەتی پێغەمەر (د) هەر تەوحیدو خودا بەیەكناســـینو بیرکردنەوە بووە لە گەورەیی خودادا ، وە لە دروستکردنی ئــەم بارەگای جیهانەدا ٠

بەڵام بازێ لە زاناکان فەرموویانە کە لە پێش فەرزبوونی پێنجفەرزەی نوێژا شەونوێژ فەرزبووە لەسەری بە بـــێ بڕیاری ئەندازەی رکات ٠ هەروەها سبەینێ دوو رکاتو ئێوارە

دوو رکات نوێژ فەرز بووە لەسەری وە ئەو دوو رکاتە نوێژە کە لەشەوی ئیسرادا بە ئیمامەت کردی بۆ پێغەمەران ئەمە بووە ٠٠ بەڵام کاتێ پێنجفەرزە دامەزران ئەو نوێژانە لەسەری نەمان ٠

سێهەم : پێنجفەرزەی نوێژ فەرز کـران لەسـەر خۆیو ئوممەتەکەی لەشەوی ئیسراو میعراجدا لە بیستو حەوتی مانگی رەجەبدا بە ماوەی سێ ساڵ لە پێش کۆچکردنیا بۆ شاری مەدینەی مونەووەرە ، وە لە ئەووەڵی نیوەڕۆی پاش ئەو شەوە حەزرەتی جوبرەئیل (د) هاتەخوارەوەو لە ئەووەڵی کاتا نوێژی نیوەڕۆی کرد بە ئیمامەت بۆ پێغەمەر ـ سەلامی خوای لەسەر بێ ـ وە پێغەمەریش ئیمام بوو بۆ ئەو یارانەی کە حازر بوون بۆ نوێـژ بەڵام ئەوان هەر پێغەمەریان ئەبینیو جوبرەئیلیان نەدەبینی ٠

هەروا لە ئەووەڵی کاتی عەسرا کاتێکە سێبەری هەر شتێ بە قەی خۆی لێهات جوبرەئیل حازر بوو وە نوێژی عەسـری کرد بە ئیمامەت بـۆ حـەزرەت ، وە لـەپاش رۆژ ئاوابوون جوبرەئیل هاتەخوارەوە نوێژی مەغریبی بۆ کرد ، وە لە کاتێکـا رووناکی سووری کەناری ئاسمان گوم بوو هاتەخوارەوە نوێژی عیشای کرد بە ئیمامەت بۆ حەزرەت ، وە لە ئەووەڵی سەحـەرا بەرەبەیانی جوبریل هاتەخوارەوە نوێژی سبەینێی بە ئیمامەت کرد بۆ پێغەمەر (د) ٠ ئەمە پێنجفەرزەی نوێژ بـە ژمارەی رکاتەکانیانەوەو بەو شێوە کە ئیستە ئەکرێن بە ئیمامەت کردی بۆ حەزرەت (د) ٠

وە بۆ جاری دووهەم لە ئاخری وەختی نیوەڕۆدا ئەو کاتـە کە سێبەری هەر شتێ بە قەی خۆی لێدێ جوبرەئیل هاتەخوارەوە

نوێژی نیوەڕۆی کرد بە ئیمامەت بۆ حەزرەت ـ سەلامی خودای لەسەر بێ ـ وە بۆ نوێژی عەسر لە کاتێکا هاتەخوارەوە کە سێبەری هەرشتێ بە قەی دووقاتی خۆی بوو ، وە بۆ نوێژی مەغریب هاتەخوارەوە لە کاتێکا ڕۆژووەوان لە نانخواردن بووبێتەوە • وە بۆ نوێژی عیشا هاتەخوارەوە لە کاتێکا سێیەکی شەو رابوردبوو ، وە بۆ نوێژی سبەینێ هاتەخوارەوە لە کاتێکا کە رووناکی بە سەر عەرزا داهاتبوو • وە حەزرەتی جوبرەئیل فەرمووی : ئەوە دوو جار ئەم پێنجفەرزە نوێژانەم لەگەڵا کردی : جاری یەکەم لە ئەووەڵی کاتەوە ، وە جاری دووەم لە ئاخرەوە ، وە بزانە وەختی هەر نوێژێ لەم نوێژانە وا لە بەینی ئەم وەختانەدا کە نوێژەکانم تیادا کرد • وە بەم نەوعە وەختی ئەووەڵو ئاخری پێنجفەرزە دیاری کران •

وە لە ئەووەڵی فەرزبوونی ئەم نوێژآنەدا حەزرەت (د) لە نوێژآ رووی ئەکرد لە ماڵی کەعبەی موعەظەمە ، بەڵام وەها رووی تێئەکرد کە رووی لە (بيت المقدس) بێ لە شاری قودسا ، وە سێ ساڵ بەم جۆرە دەوامی کرد •

کاتێ کە کۆچی کرد بۆ مەدینەی مونەووەرە لە نوێژەکانا رووی ئەکرد لە (بيت المقدس) هەتا ماوەی حەڤدە مانگ ؛ چونکی حەزرەت لە رۆژی دووشەممەی دوازدەهەمی (ربيع الاول)دا گەیشتە مەدینە ، وە لەو کاتەوە هەتا رۆژی سێشەممەی پازدەهەمی شەعبان هەر رووی لە (بيت المقدس) ئەکرد ، بەڵام زۆر خواستی لەسەر ئەوە بوو کە خودا قیبلەی بۆ بگۆڕێ بە کەعبەتوڵڵا لە مەککەی موعەظەمەدا ، وە لەو رۆژەدا لە کاتێکا

له مزگه‌وتی (بنی سلمه)دا له خواری مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره‌وه نوێژی نیوه‌ڕۆی ئه‌کرد . پاش دوو رکات له‌و نوێژه‌دا وه‌حـــی هات به گۆڕینی قیبله وه رووکردن له که‌عبه‌ی موعه‌ظه‌مه • جا حه‌زره‌ت (د) له‌و ئانه‌دا هه‌ڵسووڕا به‌ره‌و رووی که‌عبه وه ریزی پیاوانو ژنان جێگایان گۆڕییه‌وه ، وه ئـه‌م نوێژی نیوه‌ڕۆیـه ته‌واو بوو له‌گه‌ڵ رووکردن له دوو قیبله؛ یه‌که‌م: به‌یتوله‌قدیس. دووه‌م : که‌عبه‌تولڵلا له مه‌ککه‌ی موعه‌ظه‌مه‌دا . وه ئه‌م مزگه‌وتـه مه‌شهوور بوو به (مسجد القبلتين) •

بێداری ! بازێ له زانایان ئه‌ڵێن : ئه‌م رووداوه له نوێژی عه‌سرا بووه • وه رووکردنی حه‌زره‌ت (د) بۆ (بيت المقدس)وه هه‌ڵسووڕانه‌وه‌ی بۆ که‌عبه به رووداوێکی موهیم ئه‌ژمێررێ لـه دینی ئیسلاما • وه قیبله‌ی یه‌که‌م به سوونه‌تی نه‌به‌وییه بووه ؛ ئایه‌تی له‌سه‌ر نیه ، وه دووهه‌میان به ئایه‌ته وه‌کوو له‌مـــه‌ولا ئاگادار ئه‌بی •

﴿ وَكَذَلِكَ ﴾ :

هه‌ر وه‌کو قیبله‌که‌م بۆ گوڕین به قیبله‌یه‌کی وه‌ها که پێی رازی بین •

﴿ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً ﴾ :

ئێوه‌یشم کرد ـ ئه‌ی ئوممه‌تی محه‌مه‌د (د) ـ به ئوممه‌تێکی بیرو باوه‌ڕ باش وه کرده‌وه په‌سه‌ند ، وه ئێوه‌م کرد به ئوممه‌تێکی میانه له به‌ینی ئوممه‌تی موساو ئوممه‌تی عیســـادآ : نه وه‌ك ئوممه‌تی موسا به ته‌واوی مه‌شغوڵی ماده‌خواهی بن ، وه نـــه وه‌کو ئوممه‌تی عیسا زآهیدو تاریکی دونیا بن •

﴿ لِتَكُونُوا شُهداءَ على النَّاسِ ﴾ :

هەتا لە پاشەڕۆژا لەو کاتەدا کە ئوممەتی پێغەمەرەکان بێباوەڕی نیشان ئەدەن بە پێغەمەرەکان لە حوزووری خوادا وە ئینکاری گەیاندنی دین ئەکەن ــ ببن بە شاهید لە سەریان بۆ ئیثباتی فەرموودەی پێغەمەرەکان ٠

﴿ ویکُونَ الرَّسُولُ عَلَیْکُمْ شَهیداً ﴾ :

وە پێغەمەری ئێوەیش کە حەزرەتی محەمەدە (د) ببێ بە شاهید لەسەر راستی ئێوە ٠

﴿ وما جَعَلْنا القِبْلَةَ الَّتي کُنْتَ عَلَیْها ﴾ :

وەکاتی خۆی کەعبەم نەکردبوو بە قیبلەیەکی وا کە تۆ رووی لێبکەی وە بەرەوڕووی نوێژ بکەی ٠

﴿ اِلاَ لِنَعْلَمَ مَنْ یَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ یَنْقَلِبُ علی عَقِبَیْهِ ﴾ :

مەگەر بۆ ئەوە نەبێ کە بزانین کە قیبلەمان لە کەعبەوە گۆڕی بۆ (بیت المقدس) کام کەس لە موسوڵمانان ئەکەوێتە شوێنی پێغەمەر لەو قیبلە تازەدا کە (بیت الحرام)ە لەوانە کە لەسەر بیرو باوەڕ لائەدەن وە یاخود خۆ ئەگـــرن وە دەوام ئەکەن ٠

وە یاخود مەعنای ئایەتەکە وایە : ئێمە لەپاش کۆچکردنت لە مەککەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە بەیتولمەقدیسمان نەکردبوو بە قیبلەێیکی وا کە تۆ لەسەری بی وە رووی لێبکەی مەگەر بۆ ئەوە کە بزانین کێ ئەکەوێتە شوێنی پێغەمەر لەو قیبلە تازەدا کە بڕیاری ئەدەین بۆ ئوممەتی موسوڵمان وەکو کەعبەتوڵلا

بێ • واته بزانین کام کەس لە ئەهلی کیتاب وە لە میللەتی عەرەب تابیعی پێغەمەر ئەبن ، وە قیبلە پێشووەکە تەرك ئەکەن ، وە لەسەر فەرمانی خودا تابیعی پێغەمەر ئـــەبن لە رووکردن بۆ قیبلەی تازە ؟

﴿ وإن كانتْ لكبيرةً إلا على الذين هدى اللهُ ﴾ :
هەرچەند ئەم قیبلەگۆڕانە کارێکی گەورەیە لەسەر ئەوانــە نەبێ کە خودا یارمەتی داون‌و هیدایەتی داون •

﴿ وما كان اللهُ ليضيعَ إيمانكمْ ﴾ :
وە خودای تەعالا لەوانە نیە کە پایەی ئیمان‌و باوەڕتان وە پاداشی چاکەتان زایە بکا • یاخود ئەو نوێژانە کە بەرەوقیبلەی پێشوو بەجێتان هێنا زایەی بکا •

﴿ إنَّ الله بالنّاسِ لرؤوفٌ رحيمٌ ﴾ (١٤٣)
بەڕاستی خـــودای پـــەروەردگار بە بەزەیی‌و رەحمــە بۆ ئادەمیزاد •

لەم مەقامەدا چەن شتێ هەیە پێویستە باسیان بکەین :

یەکەم : ئەم ئایەتەو ئایەتی (كنتم خير امة اخرجت للناس) لە سوورەتی (آل عمـــران)دا خیطـــابن بۆ هـــەموو ئوممەتی پێغەمەر(ز)لە زەمانی خۆیەوە هەتاهەتایە • بە دەلیلی ئـــەوە پێغەمەری ئاخرزەمان خودا جیایکردووەتەوە بە گـــەلێ نیشانە کە بۆ هیچ رەهبەرێ نەبووە ؛ وەکو ئەمە کە پێغەمەرە بۆ سەر هەموو پەری‌و ئادەمیزاد هـــەتا رۆژی قیامەت ، وە دینی ئـــەو هەموو دینێکی نەسخ‌کردووەتەوە بەلام دینی تر نایێ بە دوای دینی ئەوا وە پێغەمەری تر نایێ لە پاش ئەو •

وە یەکێ ئەمە کە ئوممەتەکەی لە هەموو ئوممەتێ باشترە لە هۆی راگرتنی بیرو باوەڕو کردەوەو رەفتاری پێغەمەر (د) •

دووهەم : مەعنای ئەو ئایەتانە ئەوە نییە کە هەموو یەکێ لە ئەفرادی ئوممەتی پێغەمەر (د) باشترە لە هەموو یەکێ لە ئوممەتی باقی پێغەمەران ، بەڵکو بەم مەعنایەتە کە عاممەی ئەم ئوممەتە لە باقی ئوممەتەکان باشترن لە بیروباوەڕو کردەوەدا ، بەم مەعنا کە گردنابنەوە لەسەر گومڕاهی وە ئەگەر زانایێ لە زاناکانی ئەم دینە بیرو باوەڕێــکی نابار وە یا کردەوەیەکی ناهەموار بکا لێی قەبووڵ ناکرێو لە لایەنی باقی زاناکانەوە بەتاڵ ئەکرێتەوە • بۆیە پێغەمەر فەرموویەتی : (لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق حتى يأتي امر الله)وە فەرموویەتی : (لا تجتمع امتى على الضلالة) وە فەرموویەتی : (من راى منكم منكرا فليغيره بيده ، فان لم يستطع فبلسانه ، فان لم يستطـــع فبقلبه وذلك أضعف الايمان) •

سێهەم : مەبەس لەم شەهادەتە کە ئوممەتی حەزرەت (د) بیدەن لەسەر باقی ئوممەتەکان شەهادەتێکە لە ڕۆژی قیامەتــا ئەبێ لەسەر میزانی ئەو ئایەتە کە لە ئاخری سوورەتی حەجدا خودا فەرموویەتی : (ليكون الرسول شهيدا عليكم وتكونوا شهداء على الناس) • وە مونافی ئەم مەعنایە نیە ئەوەی کە لە سوورەتی (نحل)دا هەیە : (ويوم نبعث من كل امة شهيدا من انفسهم وجئنا بك على هؤلاء شهيدا) • چونکی ئەو شاهیدە کــــە لە نەفسی ئوممەتەکەیە لەسەر خۆیان ؛ خواه پێغەمەرەکانیان بێ یاخــود پیاوە باشەکانیان بێ • هەر ئوممەتە بەدکردەوەکانیان ئەڕۆن بەکژیانا • جا بۆ نیشاندانی پایەی ئوممەتی ئیســلام خودای تەعالا ئوممەتی ئەم پێغەمەری ئێمە بانگ ئەکا بۆ ئەوە شەهادەت بدەن لەسەر ناباری ئەو ئوممەتە بەدکردەوەیە وە ڕەدیان بکەنەوە

وە ئیسباتی راستی پێغەمەرەکانیان بکـەن ، جا لـەو کاتـەدا ئەوانیش ئەڵێن : ئێوە کە لە زەمانی ئێمەدا نەبوون چۆن ئاگاتان لە ئەحواڵی ئێمە هەیە ؟ ئەوانیش لە وەڵامیانا ئەڵێن : ئەحواڵی خراپی ئێوەمـــان لە پێغەمەری خۆمانەوە بیستووەو ئـەویش راستە •

﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ ﴾ :

بەڕاستی ئەبینین هەڵسووڕانـــدنی رووت لە بەرەوڕووی ئاسمانا بە هیوای هاتنی موژدەی گۆڕینی قیبلەیێ کە خۆت پێت باش بێ •

﴿ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا ﴾ :

دڵنیابە کە هەڵت ئەسووڕێنین بەرەو لای قیبلەیێ کە خۆت پێی رازی بی •

﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ﴾ :

دەی سا رووی خۆت هەڵسووڕێنە بۆ لای ئەو مزگەوتە کە حورمەتمان پێداوە ، وە شتی نابارمان بە شیددەت حەرامکردووە تیایا •

﴿ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ﴾ :

نەك هەر تۆ بە تەنیا ، بەڵکوو خۆتو پەیڕەوانت لە هەر شوێنێك ببن لە کاتی نوێژەکانا رووی خۆتان هەڵسووڕێنن بۆ لای مزگەوتی حەرەمی کەعبە •

﴿ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ﴾ :

وه بەڕاستی ئەو زانایانە کتێبیان پێدراوه لە جوولەکەو گاورەکان بە بێگومان ئەزانن کە هەڵسووڕانی ئێوه لە ڕووی بەیتولمەقدیسەوە بۆ لای کەعبە حەقەو ڕاستە ، وە لەناو کتێبەکانیانا هەیە وە موژدە دراوە کە هەر وەکو جیلوەی میهرەبانی خودا لە کێوی طوری سیناوە دەرکەوت وە ڕووناکی ڕەحمەتی لە بەرزییەکانی ولاتی (تین)و (زیتون)ەوە دەرچوو وەهایش جیلوەی ئەنواری خودایی لە کێوەکانی (فاران)ەوە ـ واتە حیجاز ـ دەرئەکەوێ ، وە دینی خودا لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای هاشمییەوە بلاو ئەبێتەوە بە جیهانا . وە لە کاتی عیبادەتو نوێژکردنا ڕوو ئەکەن لە کەعبەتوڵلا . هەروا ئاگادارن لەوە کە هەر ئوممەتێ قیبلەیەکی هەیە وە پێویست بوو کە ئەم ئەمانەتە بگەیەنن بە عالەما ، وە ملکەچ بن بۆ حەق ، نەك حەق ونبکەن وە پەشێوە بخەنە ولاتەوە .

﴿ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴾ (١٤٤)

ئیستە کە بە پێچەوانەی ئەوە پشێوە ئەکەن خودا بێ ئاگا نیە لەوەی ئەوان ئەیکەن .

﴿ وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَا تَبِعُوا قِبْلَتَكَ ﴾ :

وە بەڕاستی ئەگەر تۆ بێیت بەهەر بورهانێ وە هەر موعجیزەیێ بۆ لای ئەوانە کە کیتابیان پێدراوە ، وە ئیثباتی

راستی دینەکەت‌و قیبلەکەت بکەی ئەوان تابیعی قیبلەی تۆ نابن وە ناکەونە شوێنت لەبەر ئەو عەنادە کەوا لە دڵیانا ·

﴿ وَمَا أَنْتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ ﴾ :

وە دیارییە مادام ئەوان دەسبەرداری دین‌و قیبلەی مەنسوخی خۆیان نەبن تۆیش ناکەویتە شوێنی ئەوان وە تەرکی ئایینی تازەی راست‌و ساغی خۆت ناکەیت ، وە روو ناکەیتە قیبلەی ئەوان ·

﴿ وَمَا بَعْضُهُمْ بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ﴾ :

وە جوولەکەو گاورەکانیش ئەگەر چی لە دوژمنایەتی تۆدا یەکن ، بەڵام لە ناو خۆیانا جیان لەیەك‌و بازێکیان تابیعی قیبلەی ئەو بازەکەی تریان نابێ ·

جوولەکەکان لە هەر وڵاتێکدا بن روو ئەکـــەنە (صخرە) بەیتولمەقدیس · وە گاورەکان روو ئەکەنە خۆرهەڵات ، وە ئەم موخالەفە کە لە قیبلەی جوولەکەو گاورا هەیە لە دوژمنایەتی خۆیانەوە بووە ؛ چونکی حەزرەتی عیسا ـ ســـەلامی خودای لێ‌بێ ـ هەتا لە عەرزا بوو لە عیبادەتا هەر رووی لە بەیتولمەقدیس کردووە ، وە قیبلەی ئەو هەر قیبلەی پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیلی بووە · بەڵام پاش ئەوە کە خودای تەعالا شوبهەی وێنەی حەزرەتی عیسای خستە سەر کابرای جوولەکە وە جوولەکەکان کوشتیان زانا گەورەکانی نەصارا وتیان : عیسا لەو کاتەدا هەڵاوەسرا رووی کردبوو لە خۆرهەڵات ، وە خۆرهەڵات سیرڕێکی تیایە بۆیە لە کاتی وەلادەتی عیسادا حەزرەتی مەریەم (د) رۆیشت بۆ شوێنێ لە خۆرهەڵاتی ئەهلەکەیەوە ، جا ئەو زانایانە بڕیاریان

دا کە لە عیبادەتا هەرچی گاورە روو بکەنە خۆرهەڵاتو روو نەکەنە بەیتولمەقدیس • وە دوور نیە ئەم جیابوونەوەیانە هەر لە دوژمنایەتی جوولەکەکان بووبێ •• وا لێــرەوە دەرکەوت قیبلەی هیچ کامیان راست نیەو هــەوایە : ئەممــــا قیبلەی جوولەکەکان ئەوە لەبەر ئەوە کە دینێ نەسخبووەوە ئیعتیبار بە شیعاراتی نامێنێ ، وە ئەمما گاورەکان لەبەر ئەوە کە لایان دا لە قیبلەی حەزرەتی عیسا وە بە ئارەزووی خۆیان خۆرهەڵاتیان کرد بە قیبلە •

﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَائَهُمْ بَعْدَ مَا جَائَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذاً لَمِنَ الظَّالِمِينَ ﴾ (١٤٥)

وە بەڕاستی ئەگەر تۆ تابیعی هەوای نەفسی ئەوان ببی پاش ئەوەی هاتووە بۆت لــــە عیلمو زانستی قەطعی بە هۆی وەحیەوە لە قیبلەدا یا لە غەیری قیبلەدا بەڕاستی تۆ لەو کەسانە ئەبی کە ستەمیان کردووەو بە ناڕەوا جووڵاونەتەوە ، وە حاشا بۆ رەهبەرێکی وەکو تۆ کە کــــارێ بکــەی مەگــەر بە رەزای پەروەردگارو فەرمانی ئەو !

﴿ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَائَهُمْ ﴾ :

وە بەڕاستی ئەو زانایانە کە کیتابمان پێداون لە جوولەکەو گاور حەزرەتی محەمەدی عــەرەبی قورەیشــی هاشــمی ئەناسن وەکو چۆن کوڕەکانی خۆیان ئەناسن ، وە بە هۆی ئــەو موژدەو بەشارەتانە کە لە کتێبەکانی خۆیانا هەیە وە ئەو نیشانانە بۆ

خۆی‌و بۆ یارەکانی نووسراوە وە وەزعی دینەکەی وە گۆڕانی قیبلەیشی ئەزانن ٠

﴿ وَإِنَّ فَرِيقاً مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ (١٤٦)

وە بەڕاستی بەشی گەورەی ئەم کیتابیانە حەق ون‌ئەکەن لە عالەما ، وەلحاڵ ئەیشزانن بەوە کە بە ناحەق وا ئەکەن ٠

﴿ اَلْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ ﴾ :

فەرمانی راست‌و دینی راست‌و قیبلەی راست ئەوەیە کە لە لایەنی خودای خۆتەوە پێت بگا ، نەك ئەوەیە کـــە زاناکانی کیتابیەکان بە هەوای نەفس‌و ئارەزووبازی لە سەری بڕۆن ٠

﴿ فَلاَ تَكُونَنَّ الْمُمْتَرِينَ ﴾ (١٤٧)

قەت نەبی بەوانە خاوەن گومان‌و دوودڵین لە ئیشی خۆیانا ٠ وە قەت بە هۆی دڵدانەوەو فڕوفێڵی ئەوانەوە یا بە هۆی دیعایەو پڕو پاڵانتەی ئەو ساختەچیانە نەکەویتـە شـکەوە ؛ چونکـی دوودڵی شێوەی مەردی عالەمی نیە ٠

﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ ﴾ :

بۆ هەر ئوممەتێ قیبلەیەکی تایبەتی هەیە ٠

﴿ هُوَ مُوَلِّيهَا ﴾ :

کە ئەو بەشە لە ئوممەت رووی خۆی هەڵئەسووڕێنێ بۆ لای ئەو ٠ یاخود خودای تەعالا رووی ئەو ئوممەتە هەڵئەسووڕێنێ بەرەوڕووی ئەو قیبلەیە ٠

﴿ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ﴾ :

دەی ئەی ئوممەتی ئیسلام بکەونە پێشکەوتن بۆ گەیشتن بە کردەوەی باش‌و رەفتار بە طاعەت‌و فەرمانبەرداری خودا ٠ واتە : بوونی قیبلە موهیم نیە بەڵکو کردەوەی باش موهیمە ٠

﴿ أَيْنَمَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللهُ جَمِيعاً ﴾ :

لە هەر شوێنێکدا ببن وە بژین هەتا ئەمرن خودا لە رۆژی خۆیا زیندووتان ئەکاتەوەو هەمووتان دێنێ بۆ مەیدانی پرسیارو حسێبی کردەوە ٠ جا تا تەواناتان هەیە لە ماوەی ژیانا کاری بکەن کە لەو رۆژەدا سەربەرزو سەرفەراز بن ٠

﴿ إِنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (١٤٨)

بەڕاستی خودا بەسەر هەموو ئیشێکا تەوانایە ئەتوانێ پێغەمەر هەڵبژێرێ ٠ وە ئوممەتێکی بۆ ئامادە بکا وە ئایینێکی بۆ دابمەزرێنێ ٠ وە یارمەتی خاوەن دینەکان بدا ، وە بیانمرێنێ ، وە لەپاش مردن زیندوویان بکاتەوە ، وە حسێبیان لەگەڵا بکا ، وە ئازاری تاوانبارو پاداشی باشی کردەوە باشەکان بداتەوە ٠

﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە هەر شوێنێك دەرچووی بۆ سەفەر وە کاتی نوێژ هات رووی خۆت هەڵسووڕێنە بۆ جانیبی (مسجد الحرام) کەوا بە دەوری کەعبەدا ٠

﴿ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ ﴾ :

وه بەڕاستی ئەم رووکردنتە لە (مسجد الحرام) دینێکە راستو دامەزراو لەلایەنی خودای خۆتەوە ٠

﴿ وَمَا اللهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (١٤٩)

وە خودا بێ ئاگا نیە لەو کردەوەیە ئەیکەن لە چاكو لە خراپ ٠

﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ﴾ :

وەکو بەیانمان کرد ئیستە ٠

﴿وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ﴾:

وە لە هەر ولاتێکدا بوون ئەی موسولمانان هەر رووی خۆتان هەلسوورێنن بۆ لای (مسجد الحرام) مزگەوتی بە حورمەتی دەوری کەعبەتوللا ٠

﴿لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ :

هەتا باقی ئوممەتەکان زالْ نەبن بە سەرتانا بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە قیبلەی تایبەتیتان نیە ، بەلکو ئێوەیش خاوەنی قیبلەی سەربەخۆ بن ٠

﴿ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ ﴾ :

بەلام ئەو ئوممەتە ستەمکارە لە کیتابیەکان بە دەلیل ملکەچ نابن بۆ حەق ، وە هەمیشە ئاشووب ئەنێنەوەو دلی عالەم تێك ئەدەن لە پەیڕەوی ئایینی ئیسلامو رووکردن لە قیبلەی ئەوان ٠

﴿ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ ﴾ :
دەی مادام ئەوانە ستەمکارو نابارو ناهەموارانو بێ‌نرخن لە لای خودا قەت لێیان مەترسن ٠

﴿ وَاخْشَوْنِي ﴾ :
وە لەمن بترسن ئەگەر بێ‌فەرمانی بکەن ؛ چونکی بەهەموو جۆرێ دەستم ئەڕوا بە سەرتانا ٠

﴿ وَلاِتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ ﴾ :
وە من بۆیە قیبلەم بۆ گۆڕین هەتا نیعمەتی ئیسلامییەت تەواوو رەسا بکەم بۆتان ؛ چونکی ئەهلی دینێ قیبلەی سەربەخۆی نەبێ وە روو بکا لـــە قیبلەی ئوممەتێکی تر بە دواکەوتوو ئەناسرێ ٠

﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ (١٥٠)
وە تکایە ئێوە بە هـۆی ئـەم نیعمەتی ئیسلامەوە بگـەن بە مەطلووبی بەرزتان کە رەزای خودایە ٠

﴿ كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِنْكُمْ ﴾ :
واتـــە نیعمەتی قیبلەی سەربەخـۆم پێدان وەکـو چـۆن پێغەمەرێکمان رەوانە کرد بۆ سەرتان لە رشتەی خۆتان ٠

﴿ يَتْلُوا عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ ﴾ :
کە ئایەتەکانی منتـان بەســـەردا ئەخوێنێتەوەو هەمیشـە تێ ئەکۆشێ بە چاودێریو تەمێ‌کردنو ئامۆژگاری کردن بۆ ئەوە پاکتان بکاتەوە لە ریشەی بیرو باوەڕی ناهەموار وە لـە خووو رەوشتی ناپەسەند ٠

﴿ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ ﴾ :
وه ئایەتی کەلامی خواتان پێ نیشان ئەدا وە سوننەت و رەفتارو وتاری خۆیتان بۆ دەر ئەبڕێ •
﴿ وَيُعَلِّمُكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴾ (١٥١)
وە نیشانتان ئەدا ئەو دەرزانە لە هۆی سەربەرزی دین و دونیاوە کە ئێوە لەوانە نەبوون بە بێ هاتنی رەهبەر بیزانن •
﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ ﴾ :
دەی لە بەرابەری ئەم نیعمەتەگەورانەوە ناوی من ببەن بە زمان ، وە یادم بکەن بە دڵ ، وە فەرامۆش مەبن لێم هەتا منیش ناوی ئێوە ببەم •
﴿ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴾ (١٥٢)
وە سوپاسی نیعمەتەکانم بکەن کە پێمداون ، وە بێ باوەڕی و ناسوپاسی نیشان مەدەن هەتا هەموو ئەو نیعمەتانەتان بۆ پایەدارو زیاتر بکەم •

بزانن لەم جێگەدا چەن باسێکی بەسوود هەیە :

یەکەم : (شطر) لە قامووسا ئەڵێ : (الشطر نصف الشيء وجزؤه •• •والجهة والناحية) واتە لەفزی شەطر هاتووە بە مانای نیوە لە هەر شتێ ، وە بە مانا بازێ لە هەر شتێ ، وە بە مانا جانیب و تەنیشت • لەسەر ئەم مەعنایانە ئیمامەکان بیری خۆیان بە چەن جۆر دەربڕیوە :

ئیمامی شافیعی ــ خوای لێ رازی بێ ــ ئەڵێ : (پێویستە ئینسانی موسوڵمان لە نوێژا رووبکاتە ناوەڕاستی (مسجد الحرام) هەتا عەینی کەعبەتوڵلا بگرێتەوە ، بەڵام ئەم رووکردن لە

عەینی کەعبەیە بۆ ئەوانە کەوان لەلایا ئەبێ بە یەقین‌و راستی بێ، وە بۆ ئەو کەسانە کە غائیبن بە شێوەی (ظەن) ، واتە باوەڕی بەهێز بێ • وە ریوایەت کراوە لە ئیمامی شافیعییەوە فەرموودەیێ تر کە شەطر بە مانا جیهەت‌و جانیبە • وە رووکردن لە جیهەتی کەعبە کافیە • وە ئیمامی غەزالی لە (احیاء العلوم)دا ئەم واتەیە بە خاوەن هێز داناوە لەبەر ئەوە کە رووکردن لە عەینی کەعبەتوڵڵا ئەبێ بە هۆی زەحمەت بۆ موسوڵمانان وە دینی ئیسلام دوورە لە شتێ کە لە تەواناو طاقەت دوور بێ •

وە ئیمامی ئەبوحەنیفەو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لایان وایە کە شەطر بە مانا جیهەت‌و جانیبە لەگەڵ ئەوەشدا کابرا حازری کەعبە بێ واجبە روو بکا لە عەینی کەعبە بە ئیجماعی هەموویان • جا ئەگەر غائیب بوو روو بکا لە جیهەتی کەعبە بە جۆرێ کە رووی لە سەمتی کەعبەوە بێ • وە زورمەی عولەمای شافیعی خۆراسانی لەسەر ئەم بیروباوەڕەن •

وە ئیمامی مالیك فەرموویەتی : کەعبە قیبلەی ئەهلی (مسجد الحرام)ە وە (مسجد الحرام) قیبلەی ئەهلی مەککەیە ، وە شاری مەککە قیبلەی ئەهلی عەرزی حەرەمە لە ئەطرافی مەککە ، وە عەرزی حەرەم قیبلەی ئەهلی کورەی عەرزە لە هەر شوێنێ ببن وەکو لە تەفسیری (روح المعانی)دا بەیانکراوە •

وە لەسەر رووناکی ئەم واتە ئەتوانین بڵێین کورەی عەرز هەمووی قیبلەی ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانا لەسەر کام لە ئەستێرەکان جێگیر بێ‌و بمێنێتەوە ، چونکی دینی ئیسلام بۆ هەموو رۆژێ وە لەگەڵ هەموو تەطەوورێکی عیلمیدا بەردەوامە • وە

حەدیسی ئیبن‌و عەبباس (خ) تەئییدی بیرو باوەڕی ئیامی مالیك ئەکا (خ) ٠

جا لەسەر فەرموودەی شافیعی موسوڵمانێ بتوانێ روو بکا لە عەینی کەعبە واجبە رووی تێ بکا ، وە ئەگەر خـۆی بە یەقین نەیزانی کەعبەتوڵلاّ کوێیە ، وە یەکێ بوو لە نزیکی چاوی لـە کەعبەوە بوو واجبە تابیعی قسەی ئەو کەسـە بێ . وە ئەگەر یەکێ وای دەس‌نەکەوت بـــەلاّم خۆی ئەیتوانی ئیجتیهاد بکا لە قیبلەدا ، وانە بەرچاو رووناك بوو وە ئەیتوانی ئیستیدلال بکا بە نیشانەو عەلامات ئەوە خۆی ئیجتیهاد بکا ٠ وە روو بکا لە قیبلە وە لەم کاتەدا رەوا نیە تابیعی موجتەهیدێکی تر بێ ، وە ئەگەر خۆی عەقڵ‌و هۆشی ئیجتیهادی نەبوو واجبە تابیعی بیری موجتەهیدێ بێ . وە ئەگەر موجتەهیدی دەس‌نەکەوت وە سەرگەردان بوو ئەوە روو بکاتە هەر شوێنێ دروستە ٠ جا ئەگەر لە پاشانا دەرکەوت رووی لە قیبلە نەبووە واجبە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە ئەگەرنا لەسەری نیە . کەوا بو پلەکانی رووکردن لە قیبلە پێنجە : یەکەم : یەقین‌و زانستی تەواو ٠ دووهەم : تابیع‌بوون بە خاوەن زانستی تەواو ٠ سێهەم : ئیجتیهادکردن بە هۆی عەلامات ٠ چوارەم: تابیع بوون بە موجتەهید ٠ پێنجەم : رووکردن لە قیبلە بە هەرچۆن بێ ٠

وە واجبە لەسەر موسوڵمان ئاگادار بێ لە واجباتی دینی خۆی ٠ بە کورتی ئاگادار بێ لە قیبلەو نیشانەکانی بزانێ ٠ لە وڵاتی عیراقدا وە خۆرهەلاّتی عیراق هەتا (هەمەدان) هەر کاتێ ئینسان راوەستاو رووی‌کردە باکوور وە بەلاکردنەوەی بە لای راستا ئەستێرە بچکۆلانەکەی حەوتەوانانی ئەبینی کە پێی ئەڵێن :

ئەستێرەی (قطب) ئەوە ئەو کەسە رووی لە قیبلەیە ، وە ئـــەم نیشانە هەتا سنووری سووریا بەکار دێ ٠

وە (قوطب نوما)یش باوەڕی پێ ئەکرێ بەڵام واجبە ئینسان روو بکاتە غەربی دەرزییەکەوە لە وڵاتی خۆمانا ٠

سێهەم : بە ئیجماعی ئیمامانی دین قیبلە خانووی کەعبەتوڵلایە وە لە ئیبنی عەبباسەوە (خ) ریوایەتکراوە : حەزرەت (د) لە پاش فەتحی مەککە رۆیشتە ناو خانووی کەعبەوە وە لە پاش ئەوە کە هاتەدەرەوە دوو ڕکات نوێژی کرد بەرەوڕووی کەعبە (وقال هذه هي القبلة) واتە : ئەم خانووە کە من لەم نوێژەدا رووم لێکرد ئەوەیە قیبلە کە موسوڵمانان رووی لێ بکەن[1] ٠

وە سیرڕی ئەوە کە لە ئایاتەکەدا ئەفەرموێت روو بکەن لە (مسجد الحرام) ئەمەیە ئیشارە بێ بۆ لای ئاسانی رووکردن لە قیبلە ، واتە : کەعبە (بالذات) یەك خانـــووە ، وە ئیلـــزامی رووکردن لەو تاقە خانووە (بالعين) گرانە ، مادام کە خودا ناوی مسەجیدولحەرامی هێنا مانای وایە بۆ یەکێ کە دووربێ لەو شوێنە رووکردن لەو مزگەوتانە بەدەوری کابەدا کافییە ، وەکو صاحیبی (روح المعاني) ئەفەرموێت ٠

وە مەبەس لەم کەعبە کە بڕیار دراوە بۆ قیبلە ئەو تاقە بینا تایبەتیە نیە کە وا لە بەرچاودا، بەڵکو ئەو سەمتی کەعبە لەسەرەوە هەتا بەرزی ئاسمان،وە لەخوارەوە هەتا (ماتحت الثرى) ئیعتیبار ئەکرێ بە قیبلە ٠ کەوابوو ئەگەر (لا سمح الله) خانووی کەعبە

---

(١) بڕوانە ارشاد الساري ، شەرحی صەحیحی بوخاری ، بەرگی یەك ل : ٤١٤ ٠

له عەرزا هەڵبگیرێ کافیە بۆ ئێمە رووبکەین لە جێگەکەی ، هەروا لە دوورەوە موسوڵمانان کاتێ روو ئەکەنە کەعبە ئەوە روو ئەکەنە خەطێکی عەموودی کە لەسەر خانووی کەعبەوە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان وە ئەو خەطە وەکوو بەشێك وایە لە کەعبە · ـ خودا پایە بڵندی کا ـ ·

وە ئەو نوێژە کە حەزرەت (د) رووی تێداکردە کەعبە لە یەکەم جارا لەسەر ریوایەتی بوخاری شەریف یا نوێژی نیوەڕوو بووە ، وە یا نوێژی عەصر بووە لە مزگەوتی حەزرەتا لە مەدینەدا · وە لەسەر ریوایەتێکی تر نوێژی نیـوەڕۆ بووە لـە مزگـەوتی بەنیسەلەمەدا لە خواری مەدینەوە کە مەشهوور بووە بە (مسجد القبلتين) ·

حاصڵی بوخارییەکە ئەمەیە : کە حەزرەت (د) پێی خۆش بوو رووی هەڵسووڕێ بۆ لای کەعبە ، وە خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ئێمە ئەزانین بە ڕووهەڵچەرخانی تۆ بۆ ئاسمان لە چاوەڕێکردنی وەحیا ، وە ئێمە هەڵتئەسووڕێنین **بۆ** قیبلەیێ کە تۆ پێی رازی بی · دەی سا رووی خۆت هەڵسووڕێنە بۆ جانیبی (مسجدالحرام) · جا پاش هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە حەزرەت(د) لە نوێژا رووی کرد لە کەعبە وە جوولەکە عەقڵسووکەکان کەوتنە باسکردنی ئەوە کە چی بوو بە هۆی ئەوە کە رووی پێغەمەرو موسوڵمانەکانی هەڵسووڕان لـــەو قیبلە پێشووە کـــە روویان تێئەکرد ! تۆیش ئەی خۆشەویست بڵێ : خۆرهەڵاتو خۆرنشین موڵکی خوایە هەر کوێ بکا بە قیبلە ئەتوانێ · وە هەر کەسێ خواستی لەسەر بێ شارەزای ئەکا بۆ رێگەی راست · جا حەزرەت (د) پاش نازڵبوونی ئەم ئایەتە یەکەم نوێژ کە نوێژی نیوەڕۆ بوو

بەجێی هێنا لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانانندا وە لە ناو ئەوانا پیاوێ کە ناوی (عباد)ی کوڕی (بشر) بوو ، یاخـــود (عباد)ی کوڕی (نهیك) بوو پاش ئەوە کە نوێژی نیوەڕووی کرد دەرچـــوو لـــە مزگەوت وە رابورد بەلای کۆمەڵێ لە ئەنصارا لە نوێژی عەصرا کە نوێژیان ئەکرد بەرەوڕووی بەیتولمەقدیس لەوێ شەهادەتی بۆ دان کە لەگەڵ حەزرەتا نوێژی نیوەڕووی کردووە بەرەو کەعبە ·· جا ئەوانیش روویان لە بەیتولمەقدیس هەڵسووڕان بەرەو کەعبە ·

وە لەلای ئیبنو سەعد لە کتێبی (طەبەقات) دا نووسراوە کە حەزرەت (د) دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی کرد لە مزگەوتی خۆیا بەرەو بەیتولمەقدیس جا وەحی بۆ هات وە لە دوو رکاتەکـــەی ئاخری نیوەڕۆدا رووی هەڵسووڕان بەرەو رووی کەعبە وە هەموو نوێژکەرەکانیش روویان هەڵسووڕان بۆ لای کەعبە ، وە ژنانو پیاوان بە دوای حەزرەتا صەفی خۆیان گۆڕی ·

وە ریوایەتی تر هەیە کە حەزرەت (د) رۆیشت بۆ زیارەتی (ام بشر) کچی (براء)ی کوڕی (مەعروور) لە ناو طائیفـــەی بەنیسەلەمەدا وە ئەو ژنە خواردەمەنی دروست کردبو بۆ حەزرەت، وە کاتی نوێژی نیوەڕۆ داهات · جا حەزرەت (د) دوو رکـــات نوێژی نیوەڕۆی کرد لەگەڵ ئەوانا کە نوێژیان ئەکرد لەگەڵیـــا بەرەو بەیتولمەقدیس ، جا وەحی بۆ هاتو لەو دوو رکاتە ئاخرەکەیا هەڵسووڕا بەرەوڕووی کەعبـــە ، وە خەڵکەکەیش ــ پیاوانو ژنان ــ ریزی خۆیان گۆڕی ، وە حەزرەت لەم رووکردنی کەعبەیە رووی کردە میزابی کەعبەی موعەظەمە ، وە ئەم مزگەوتە ناوبرا بە : (مسجد القبلتين) ·

(ابن سعد) ئەڵێ : (واقیدی) وتوویە : ئەم ریوایەتە لەلای

ئێمه دامەزراوترو ثابتترەو مونافات نیه له بەینی ئەم ریوایەته لەگەڵ ئەوەدا که ئەڵێ (عبـــادی) کــوڕی (بشر) رابورد بەلای قەومێکی ئەنصارا له نوێژی عەصرا وه له بەینی ثوبووتی ریوایەتی ئیبن‌وعومەرا که قیبله گۆڕاوه له (قبا) دا له نوێژی بەیانیدا که ریوایەت کراوه لەلای بوخاریو موسلیمو نەسائیدا ؛ چونکی ئەو نوێژه عەسرێ بووه پاش ئەوه له بەنی‌سەلەمەوه هاتنەوه روویان کرد له مەدینه وه نوێژی بەیانیش بۆ ئەهلی قەبا نوێژی دوایی بووه که بیستوویانه ٠

وه له (نیل الاوطار)دا شەوکانی ئەڵێ : ئیبن‌وسەعد لـــه طەبەقاتا ئەگێڕێتەوه له بەعزێکەوه ئەم رووداوی گۆڕانی قیبله له مزگەوتی مەدینەدا بووه ٠ جا فەرموویه : وتراوه که حەزرەت دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی له مزگەوتی خۆیا کرد له مەدینه ٠ جا ئەمری پێ‌کرا که روو بکاته (مسجد الحرام) وه هەڵسووڕا بۆ ئەوێ وه موسوڵمانەکانیشی لەگەڵا هەڵسووڕان ٠ وه مەبەس له ریوایەتی بوخاری که ئەو نوێژه قیبلەی تێداگۆڕا نوێژی عەسر بووه ئەوەیه : یەکەم نوێژێ که به تەواوی رووی تێداکرایـــه (مسجد الحرام) نوێژی عەسر بوو ٠

وه لەلای (عەلی شەوکانی) ریوایەتی روودانی ئەم واقیعه له نیوەڕۆدا زەعیفه ؛ چونکی یەکێ له ریجالی ئیسنادەکەی مەروانی کوڕی عوثمانه ئەویش ئیختیلاف هەیه له قەبووڵی ریوایەتیا ٠

من خۆم که ئەم کتێبه ئەنووسم له پاش تەماشاکردنی بوخاری شەریفو گەلێ کتێبی حەدیثو تەفسیر لەم مەوزووعەدا ئەوەم بۆ دەرکەوتووه :

که یەکەم نوێژێ قیبلەی تێداگۆڕاوه له بەیتولمەقدیسەوه بۆ

مەسجیدولحەرام نوێژی ئیوەڕۆ بووە . وە ئەو مزگەوتەیش کە نوێژەکەی تێداگۆڕاوە مزگەوتی (بەنیسەلەمە) بووەکە ناوبراوە بە (مسجد القبلتين) ، وە یەکەم نوێژێ کە بە تەواوی کرابێ بەرەوڕووی (مسجد الحرام) نوێژی عەسر بووە وە مزگەوتەکەیش مزگەوتی حەزرەت بووە لە مەدینەی مونەووەرەدا . وە ئەو (عوباد) ناوەیش کە لە پاش نوێژەکەی لەگەڵ حەزرەتا رابورد بەلای گەلێ ئەنصار لە کاتی عەسرا رۆیشت خەبەر بدا بەواتە کە حازر نەبوون لەگەڵ حەزرەتا لە نوێژی عەسرا بۆ ئەوە نوێژەکانیان بەرەو کەعبە بکەن .. وە هەر عەینی پیاو بوو سبەینێ رۆیشت بۆ قەبا لە کاتی نوێژی سبەینێدا وە خەبەری دا بە ئەهلی قەبا . وە روویان لە بەیتولەقدیسەوە هەڵچەرخان بۆ لای کەعبەی موعەظەمە . وە بەم جۆرە ئەم مەوزووعە بڕایەوە .

پێنجەم : لەباسی گۆڕینی قیبلەدا سێجار خودای تەعالا ئەم باسەی کردووە . وە بۆ سیرڕی ئەم وەزعە تیمامی رازی لە تەفسیرەکەیا گەلێ جوابی نوسیوە . وە من بازێکیان ئەنووسم :

یەکەم سیرڕەکەی ئەمەیە : ئینسانی نوێژکەر یا لە (مسجد الحرام) دا ئەبێ یا لە مەککەدا وە خاریجی (مسجد الحرام) ، وە یا لە خاریجی مەککەدا ئەبێ لە باقی وڵاتانی سەرزەوی . جا باسی یەکەم بۆ ئەوانەیە وان لە (مسجد الحرام)دا ، وە باسی دووەم بۆ ئەوانەیە کە وان لە شاری مەککەدا ، وە باسی سێهەم بۆ ئەوانەیە وان لە باقی وڵاتەکانا لە سەرعەرزا .

دووهەم : خودای تەعالا ئەم باسەی سێ جار باس کردووە هەر جارێ لەگەڵ فائیدەیەکی تایبەتیدا . یەکەم جاریان خودا

باسی ئەمەی کردووە کە ئەهلی کیتاب خۆیان ئەزانن بە ریسالەتی حەزرەتی محەمەد وە بە گۆڕینی قیبلە لە (بیت المقدس)ەوە بۆ کەعبە ، کەوابێ ئـــەم گۆڕینی قیبلە حەقـــە ؛ چونکـــە لـــە کتێبە پێشووەکانا باسی کراوە • وە لە جاری دووەمما باسی ئەوەی کردووە کە خودای تەعالا شەهادەتی داوە ئـــەم گۆڕینی قیبلە حەقەو لە مناسباتی ریسالەتی پێغەمـــەرە وە هەرشتێ خـــودا شەهادەتی لەسەر بدا ئیتر کەس حەقی نیە لەو شتەدا • وە لە جاری سێهەمدا ئەمەی فەرمووە بۆیە قیبلەکەم گۆڕی هەتا کیتابیەکان حوججەتیان نەمێنێ لەسەر موسوڵمانانو نەتـــوانن بڵێن ئێمە ئەسڵین چونکە ئێوە قیبلەی تایبەتیتان نیە •

جوابی سێهەم ئەمەیـــە : باسی قیبلەگۆڕین زۆر باسێکی بەنرخو گەورەیە وە پێویستە بەوە کە تیکرار بکرێتەوەو زۆر باسی بکرێ هەتا لە دڵی هەموو کەسێکا دابمەزرێ •

شەشەم ئەمەیە : لە ئایەتی (الذین آتیناهم الکتاب یعرفونه کما یعرفون ابنائهم)ەوە دەرئەکەوێ کـــە تەنیا مەعریفەتو ناسینی ئینسان وە صیفاتی ئینسانیو تەصدیقکردن بەوانە کافی نیە بۆ بەجێهاتنی ئیمان ؛ چونکی جوولەکەکانو گاورەکان بەهۆی ئەوەوە کە لە تەوراتو ئینجیلدا موژدە دراوە بەهاتنی پێغەمەری ئاخر زەمان محەمەدی عەرەبی (د) ئاگاداربوون لەسەر ئەوە کە دینەکەییو ریسالەکەی راستە ، بەڵام چونکی لە دڵدا عەنادیان بووە لەگەڵیا وە ئەو نیشانە بۆ خۆیو ئوممەتەکەی بووە ونیان کردووەو بەربەرەکانەیان لەگەڵدا کردووە •• خودا بـــە کافرو ستەمکاری ژماردوون • کەوابێ ئیمـــــان تەنیا عیلمو تەصدیق نیە بە دڵ بەڵکو پێویستە لەگەڵ ئەو تەصدیقو مەعریفەتە

که له دڵدا هەیە ئینسان ئینقیادو گەردن کەچی‌و ڕەزاو مەیلی دەروونیشی ببێ کە مەشهوورە بە ئیذعانی فیعلی • بە کورتی ئیمان هەر تەنیا ئیذعانی عیلمی نیە بەڵکو ئیذعانی عیلمییە لەگەڵ ئیذعانی فیعلیدا • بەڵام لەبەر ئەوە کە پێویستی موسوڵمانە بەزمان ئیقرار بکاو ئەمەیش دەربڕینی ئیطاعەو ئینقیادە بە زاهیر لەدینا ئیکتیفا کراوە بەوە بە هیوای ئەوە کە ئەگەر لەو کاتەیشا ئیذعانە فیعلییەکە نەبێ بە تەدریج پەیدا ئەبێ •



﴿ يَا أَيُّها الَّذين آمَنُوا اسْتَعِينُو بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ إِنَّ الله مَعَ الصَّابِرِين ﴾ (١٥٣)

ئەم ئایەتە وەکو ئیمامی ڕازی ئەڵێت لەسەر فەرموودەی بازێ زاناکان وا لەگەڵ ئایەتەکانی دواوەدا ، وە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچیدا لەپاش جەنگی بەدر هاتوونەتە خوارەوە • وە خودای تەعالا پێش‌نیهادی دەرزی خۆگرتن ئەکا لەجەنگی کافرانا ، وە دوور نیە ئیشارەت بەوە بێ کە مادام لەم ڕووداوەدا ئێوە زاڵبوون بەسەر کافرەکاندا وە چەند کەستان لەوان کوشت ، وە چەند کەستان ئەسیر کرد وا مەزانن کە ئەوان دەسبەردار ئەبن بەڵکو دێنەوە سەرتان‌و جەنگتان لەگەڵدا ئەکەن پێویستە ئێوە ئامادەو خۆگرو ڕوولەخودا بن هەتا خوا یارمەتیتان بدا •

واتە ئەی کەسانێ کە ئیمان‌و باوەڕتان هەیە بەخودا بەو جۆرە کەوا پێغەمەر تێی‌گەیاندوون یارمەتی داوابکەن لەخودا لەسەر گەیشتن بە مەبەستی پیرۆزی خۆتان بە دوو شت ؛ یەکەمیان مادییە کە بریتییە لە خۆگرتن لەسەر تەرکی تاوان ؛ چونکی تاوان لەسەر ئارەزووی نەفسەو نەفس زۆری پێ‌خۆشەو لادانی

لەو تاوانە زۆر پێ‌ناخۆشە ، وە پێویستە ئێوە زۆر دڵ‌ئەستوور بن لەسەر تەرکی گوناه لەکاتێکا کە دڵتان هاتە سەرکوشتنی بێ‌تاوانێ یا داگیرکردنی ماڵێ یاشکاندنی ناموسێ ... وە هەروا صەبر بگرن لەسەر ئازاری طاعەتی خودا وەکو رۆژووگرتن‌و نوێژکردن‌و جیهادکردن‌و سەرفی دارایی خۆتان‌و قەبووڵی سەرماو گەرماو دووری لەماڵ‌و منداڵ‌و خێزان .

وە دووهەمیان مەعنەوییە کە پەیوەندییە بەخوداوە بە نوێژکردن : چونکی نوێژ دۆعاو پاڕانەوەی تیایە ، وە پاڕانەوە لەخودا مۆخی عیبادەت‌و بەندەیی‌و فەرمانبەرداری خودایە ، وە نوێژکرن ئەبێ بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ خوداداو رۆحی ئینسانی موسوڵمان لەناو نوێژا بەرز ئەبێتەوە بۆ لای خوداو غەیری خودا فەرامۆش ئەکا . وە دڵ‌ڕووناك ئەکاتەوە وە ئیمان بەهێز ئەبێ وە ئەبێ بەهۆی دوورکەوتنەوە لەکاری نابارو ناهەموار وە ئەبێ بەهۆی ئەوە کە خودا بێت بە هاواری ئینسانەوە بۆیە هەرکاتێ حەزرەت ئیشێکی ناباری بهاتایە بەسەرا دەستی ئەکرد بە نوێژکردن‌و فەرمانی ئەدا بە خێزانی کە نوێژ بکەن . بزانن کە ئێوە وەها صەبرتان کرد خودا وا لەگەڵتانا وە هەرکەسێ خودای لەگەڵدابێ لەهەموو ئازارێ رزگار ئەبێ .

﴿ وَلا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لاَ تَشْعُرُونَ ﴾ (١٥٤)

وە مەڵێن لەحاڵی ئەو کەسانەدا کە ئەکوژرێن لەرێگەی رەزای خودادا مردوون بەڵکو ئەوانە زیندوون بەڵام ئێوە شوعوورتان ناگا بەو نەوعە زیندوویە .

ئیمامی رازی ئەڵێ : ئیبنو عەبباس (خ) فەرموویەتی : ئەم ئایەتە نازڵ بوو لەو موسوڵمانانەدا کـــە کوژران لە رووداوی بەدردا کە چواردە کەس بوون شەشیان لە موهاجیرین (عبیدە)ی کوڕی(حرث)ی کوڕی (عبدالمطلب) ، وە (عمر)ی کوڕی (ابو وقاص)و (ذو الشمالین)و (عەمری) کوڕی (نفیل) و (عامر)ی کوڕی (بکر) وە (مهجع)ی کوڕی (عبدالله) ٠

وە هەشتیان لە ئەنصار بوون : (سعید) کوڕی (خیثمە)و (قیس)ی کوڕی (عبدالمنذر)و (زید)ی کوڕی (حرث)و (تمیم)ی کوڕی (همام)و (رافـــع)ی کـــوڕی (معلی)و (حارثـــە)ی کوڕی (سراقە)و (معوذ)ی کـــوڕی (عفراء)و (عوف)ی کوڕی (عفراء) خودایان لێ رازیبێ ٠ جا لە پاش ئەوە ئەمانە شەهید کـــران خەڵکی ئەیانوت : ئای فلاّن مردو فلاّن مرد ٠

جا ئەم ئایەتە بەرزە بەڕێزە هاتەخوارەوەو خـــودا مەنعی کردن لە بەکارهێنانی وشەی (مردوو) بۆ ئەم جۆرە شەهیدانەو ئیعلانی کرد لە جیهانا کە شەهیدانی جەنگی کافران زیندوونو ئێوارەو بەیانی رۆزی خۆیان لەلای خوداوە وەرئەگرنو لەعالەمی سەربەرزیدا رائەبوێرن ٠

هەروا لە ئایەتی (١٦٨) لە سوورەتی (آل عمـــــران)دا (ولا تحسبن الذین قتلوا في سبیل الله امواتا بل احیاء عند ربهم یرزقون) ٠ واتە : گومان مەبەن ئەو کەسانە کە کوژراون لە رێگەی بەرزکردنەوەی دینی خودادا کە مردوون بەڵکوو ئەوانە زیندوونو لەلایەنی خوداوە پایەو مایەو شانیان هەیـــەو رزقو رۆزییان بۆ حەواڵە ئەکرێ ، وە دڵشادن بەوەی کە خودا پێیداون بە فەضڵو میهرەبانی خۆی زیاد لەوەی کە بـــــە خۆفیداکردن

شایستەی بوون‌و هەمیشە خۆش‌ئامایی ئەکەن بۆ ئەو شەهیدانە کە هێشتا نەگەیشتوون وە پاش ماوەیەکی تر شەهیدئەکرێن وە پێیان ئەڵێن : هەرکاتێ گەیشتن بە ئێمە بیم‌و ترستان لە هیچ ئازارێ نیە ؛ چونکی خودا ئازادی کـــردوون لە هـەموو ئەو حوقووقانەی لەسەرتانە وە زویریش نابن لەوەی کە لە دەستان دەرچووە ؛ چونکی بەو پایەو مایە کە دەستان ئەکەوێ سەرخۆش‌و دڵخۆش ئەبن وە هیچ ئازارێ لە دڵتانا نامێنێ ·

وە ئەم ئایەتانە بە روناکی ئینسان شارەزا ئەکەن بۆ ئەوە کە ئینسان تەنیا ئەم قەوارەو ئێسك‌و پروسکە نیە کە مرد بڕزێ‌و با بیباو ئاساری نەمێنێ ، بەڵکو ئینسان جەوهەرێکی خـاوەن دەرك‌و شت‌زانە ، وە خۆشی‌و ناخۆشی وەرئەگرێ · وە لە پاش مردن ئەمێنێتەوە ، وە ئینسانی شەهید لەپاش ئەوە گیانی دەرچوو دڵشادو ئازادو سەربەست‌و سەرمەستە · وە هێز ئەدا بە مەعنای ئەم ئایەتانە ئەو فەرموودانە کە لە لایەنی ئیبن‌و عەبباس‌و غەیری ئەویشەوە ریوایەت کراون لە حەزرەتەوە (د) کـــە ئەرواحی شەهیدان وەکو چۆلەکەی سەوز ئەفڕن بە بەهەشتاو ئەنیشنەوە لە عەرشا ، وە لە جۆباری بەهەشت ئاو ئەخۆنەوەو لە میوەی بەهەشت ئەخۆن ، وە بە خۆشی رائەبوێرن هەتا رۆژی خۆی کە حەشری عالەم ئەکرێ‌و لە بەهەشتا بە شێوەی دنیا دائەمەزرێن ·

براکان ! ئەو کەسانە کە موسوڵمانن ئەزانن ئینسان لەم جیهانەدا ژیانێکی هەیە بەم قەوارەو شێوە کـــە هەیە ، وە لە پاشەرۆژیشا هەموو زینـــدووئەکرێنەوە بەساغی‌و رێکی حەتا خەتی سەر پەنجەکانیان دروست ئەکرێتەوەو لەپاش حیســاب‌و کیتاب جێگەی خۆیان ئەگرن ، وە لەم دوو ژیانەدا لەلای ئینسانی

موسوڵمان قسەو باس نیە ٠

وە قسە کە ببێ وا لەحەیاتی پاش گیاندەرچوون لەدنیادا خواە ئینسان بخرێتە گۆڕەوە ، یا ئاو بیبا ، یا بسووتێ ، لــەم مردوانەدا مەزهەبو بیرو باوەڕی جومهووری ئەصحابەو تابیعینو موسوڵمانانێ کە رێگەی راستیان گرتووە ئەمەیە کە : ئەمانــە لەپاش مردنیان حەیاتیان بۆ دێتەوە بە حەیاتی بەرزەخی ، واتە ژیانی ناوەندی لە بەینی ژیانی دنیاو ژیانی پاشەرۆژا وە گەلێ ئایەتو حەدیث دەلالەت ئەکەن لەسەر ئــــەم نەوعە بۆ ئینسان لەپاش مردن ٠

خودا لە قورئانا لە باسی قەومی نووحدا ئەڵێ : (اغرقوا فادخلوا نارا) بە تۆفان غەرقبوون وە خرانە ناو ئاگرەوەو دیارە ئەو ئاگرە ئاگری دۆزەخ نیە ؛ چونکی هێشتا بە دۆزەخ نەچوون وە لە قیامەتا ئەبرێن بۆ دۆزەخ ٠

وە لە باسی قەومی (فیرعەون)دا ئەفەرموێت : (النار یعرضون علیها غدوا وعشیا ویوم تقوم الساعة ادخلوا آل فرعون اشــد العذاب) واتە : ئەو قەومی فیرعەونە رائەنوێنرێن بەسەر ئاگرا سبەینێو ئێواران ، وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەڵێم بە مەئموورەکانی دۆزەخ دەستەو بەستەی فیرعەون بهاونە ناو عەزابێکی زۆر نابارو ناهەموارەوە ٠

وە لە بوخاریدا ریوایەت ئەکا کــــە حەزرەت (د) رابورد لەگەڵ ئەصحابەکانا بەلای دوو قەبراو فەرمووی : ئەمانە عەزاب ئەدرێن لەجەزای تاوانێکدا کە گران نیە لەلای خەڵك ، بەلام لەلای خودا گەورەیە ؛ یەکێ لەمانە خۆی پاكنەدەکردەوە لەگمیز

لەکاتی چوونە سەرئاودا ! وە ئەویشیان قسەی ئاشووبی بەناو خەڵکدا ئەگێڕا ٠

وە فەرموودەیەکی تری هەیە کە گۆڕی مردوو یا ئەبێ بە باخێ لە باخەکانی بەهەشت وە یا ئەبێ بە چاڵێ لە چاڵەکانی دۆزەخ !

هەروا مەعلوومە کە حەزرەت لـــەپاش نوێژەکانی پەنای ئەگرت بە خودا لەعەزابی جەهەننەم وە لە عەزابی قەبر ، وە لە بەسەرهاتی ناباری ماوەی ژیان وە کاتی مردن ٠

هەروا مەعلوومە کە فەرموویەتی بە رەفیقەکـانی لەپاش دەفنکردنی موسوڵمانێ : دۆعای بۆ بکەن کە خودا زمانی ثابت بکا لە جوابدانەوەی فریشتەکانا ٠ ئیستە ئەم شەخسە پرسیاری لێ ئەکرێ ٠

ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کـــە پاش مردن رۆحی ئینسان پەیوەندی هەیە بە لەشەوە چ بۆ موسوڵمان چ بۆ کافر ، قسەکردنی حەزرەت لەگەڵ کافرە کوژراوەکانی بەدرا مەشهوورە لەناو ئەهلی زانستان ٠

وە موونافی نیە بۆ ئەم مەبەستە ئەوە کە لەشی ئینسان ئەڕزێ لەقەبرا وە یا ماسی ئەیخوا لە دەریادا وە یا ئەسووتێو ئەدرێ بە بادا ؛ چونکی ئێمە قسەمان لـــە حەیاتی بەرزەخییە ، یانی شێوەی ئەم ژیانە وەکو شێوەی ئینسانی نوستوو وایە کە ئەنوێ وە خەو ئەبینێ وە لە خەوا هاوار ئـــەکا وە لـــە بەرزییەوە ئەیهاوێنە خوارەوە ، وە کابرا بە قەطعی لە بەرچاوی ئێمـــەدا ناجووڵێتەوە ٠ یانی ژیانی بە رۆحە لەگەڵ لەشێکدا کە بە لەشی

بەرزەخی ناو ئەبرێ · وەکو لەشێ بە شێوەی (دحیە) کە حەزرەتی جوبرەئیل جارجار لە شێوەی ئەوا ئەهات بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) وەحی بۆ ئەهێنا وە مەعلوومە کـــە جوبرەئیل فریشتەیەو ئادەمیزاد نیە ·

جا کە ئەمانەتان بیست بزانن ئەم حەیاتە بۆ هەموو ئینسانێ هەیە لە پاش مردن چی موسوڵمان‌و چی کافر وە مردوو لە ئەحواڵی خۆی ئاگادارە : بە ئازار بێ یاخود شادمان بێ ، وە لە ئەحواڵی ئەو کەسانەیش کە لە پاش مردن ئەڕۆن بۆ سەر قەبرەکەیان · بەتایبەتی ئەگەر مردووەکە خاوەن پایەو خاوەن سەعادەت بێ · بۆیە حەزرەت (د) لــە مەوزووعی کــافرەکانی کوژراوی بەدرا فەرمووی بە حەزرەتی عومەر (خ) : وەڵڵاهی ئێوە لەوان باشتر نابیسن ، بەڵام ناتوانن جوابمان بدەنەوە وەها کـــە گوێمان لێ بێ !

کەوابێ ئەبێ حەیات‌و ژیانی شەهیدان حەیاتێکی تایبەتی‌و بەرزتر بێ لە حەیاتی ئەوانە کە پایەیان لەخواری شەهیدانەوەیە، وە کەمتر بێ لە پایەی ژیانی پێغەمەران (د) وە رەهبــەران بەرزترن لە شەهیدان ·

وە پێویستە ئینسانی موسوڵمان بە دڵێکی شادو گوشادەوە وە سینەیەکی سافەوە ئەم بیرو باوەڕە وەربگرێ ، وە پایــەی ژیان لە قەبرا بۆ پێغەمەران‌و رەهبەران‌و شەهیدان‌و زانیارانی خزمەتکاری ئیســـلام‌و موسوڵمانان‌و خێرۆمەنـدان‌و گـەورە دادپەرستە باش خوو رەوشتەکان چین‌چین هەر کام بەقەی خۆی رابگرێ ئەمەیە ڕێگەی پیرۆزی‌و بەختیاری ·

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الأَمْوَالِ وَالانْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ﴾ :

واته : بەڕاستی بەراوردتان ئەکەین بە تووشبوونی کەمێ لە بیم‌و ترس‌و کەم‌و کووڕی لە دارایی‌و لە نەفس‌و لە بەش‌و بارەو دەسکەوتا • وە ئەم مەینەتانە لەم ئایەتەدا نەبەسراون بە شتێکی تایبەتییەوە ، واتە نەیفەرمووە ترس لە چی‌و برسێتی لە چ کاتێکاو لە بەر چ هۆیێ ؛ چونکی ئادەمیزاد لە ماوەی ژیانا وا لە مەیدانی سوودو زیانا ، وە ئەم کارەساتانە دەس‌ئەدەن بەگەلێ هۆوە • یانی ترس لە دوژمن بێ یا لـــە ستەمکاری‌و برسێتی بەنەهاتی بێ یا بەهۆی تاراج‌و تالانەوە بێ • وە یا لەبەر هەر قەزاو قەدەرێ ببێ •

وە ریوایەت‌کراوە لە ئیمامی شافیعییەوە (خ)کە ترس ترسە لە خودا ، وە برسێتی لە بەر ڕۆژووی رەمـــەزان‌و ، نوقسانی دارایی لەبەر زەکات‌دان ، وە نوقسانی بەش‌وبارە مردنی ئەولادە لە کوڕو کچ بۆ خۆی‌و نەتەوەی •

بەهەر حاڵ مەبەس لە ئایەتەکە ئەمەیە کە موسوڵمانی‌و بەندەیی خودای تەعالا قەیدو شەرتی نیە وە ئەبێ ئینسان ئامادە بێ بۆ هەموو قەزایێ سوودی ببێ بە زاهیر یا زیانی ببێ ، وە خودای تەعالا هەر شتێ مەیلێ لەسەر بێ ئەیکا ، وا ئەبێ نیعمەت ئەدا بە دۆست‌و دوژمنی ، وە وا ئەبێ زەحمەت ئەنێرێ بۆ دۆست‌و دوژمنی ، وا ئەبێ زەحمەت ئەدا بە دۆستانی‌و نیعمەت ئەدا بە دوژمنانی وە وا ئەبێ زەحمەت ئەدا بە دوژمنانی‌و نیعمەت ئەدا بە دۆستانی ، وە لە هیچ بارێ لەم چوار بارەدا رەخنە لە کاری خودا ناگیرێ :

١ ـ لەبەر ئەمە کە خۆی خاوەنی جیهانو ئەهلی جیهانە ، هەرچی بکا مولکی خۆیەتی وە کەس رایەی ناکەوێ قسە بکا ٠

٢ ـ پەروەردگاری عالەمە ؛ وەکو موسوڵمانان پەروەردە ئەکا کافرانیش پەروەردە ئەکا ٠

٣ ـ یاسایەکی داناوە لە جیهانا لەسەر ئەوە ئیش ئەکـا : هەرکەسێ وە یا هەر کۆمەڵێ بەختیارو هۆشیار بـــنو خاوەن کردەوەو تێکۆشان بن ئەنجام بۆ ئەوانەیە ، وە هـەر کۆمەڵێ نەزانو تەمەڵو بێڕەوشت بن بەدبەختی بۆ ئەوانەیە ٠ (ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم) ئەوەندە هەیە لەسەر یاسای عەدالەتو دادگەری خۆی حەقی حەقدار ونناکا ، وە لەم جیهانەدا یا لە پاشەرۆژا حەق ئەسێنێ لەو کەسە بەناحەق ئەڕوا ، وە هەر موسوڵمانێ هەر ئازارێ رووی تێبـــکا یا ئـــەیکا بە کەفارەتی تاوانی وە یا ئەیکا بە بەرزی پایەی پاشەرۆژی ٠

وە موسوڵمان پێویستە راستەو دامەزراو بێ لەسەر دین ، وە نابێ بە بایێ ساردو بایێ گەرم بێ ، وە پێویستە هەر ئازارێ خودا بۆی ئەنێرێ بەدیاریو میهرەبانی دابنێ ٠٠ تەماشـــای قورئانو حەدیثو مێژووی جیهان بکەن چەندەها لە پێغەمەرانو لە رەهبەرانی پاکو لە زانایانی دڵپووناك بە دەستی دوژمـــن ئازاردرانو کوژران ، وە چەن لە پێغەمەران بە دەستی یەهوودەوە فەوتان ٠

وە پێویستە موسولمـــان هەمیشە هۆشیارو ئاگادار بێ وە تێکوشێ بۆ زانیاری بەسوودو کردەوەی خاوەن قازانج وە لەسەر خوو رەوشتی بەرز وەکو راستیو پاکیو دڵسۆزیو ئینسافو میهرەبانی پایەدار بێ ، وە هەمیشە سوپاسی نیعمەتی خودا بکا

وه حوقووقی خاوەن حوقووق رابگرێ • جا ئەمجارە لەســەر نیعمەت دەوامدار ئەبێو لەسەر زەحمەت پایــەی پێ ئەدرێ ، وەکو فەرموویەتی :

﴿ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥) الَّذِينَ إِذا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا : إِنَّا للهِ وإِنَّا إِلَيْهِ راجِعُونَ (١٥٦) أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴾ (١٥٧)

موژدە بدە . ئەی رەهبەری عالەم ، بەوانەی کە خۆگــرن لەبەر باری خوداداو لەو کاتەدا مەینەتێکیان پێ ئــەگا ئەڵێن : ئێمە هەموو عەبدو مولکی خوداینو ئەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو •• کە ئەوانە رەحمەتو پایەو مایەی خێر لەلایەنی خوداوە دێتە خوارەوە بۆ سەریان ، وە ئەوانەن گەیشتوون بە مەقصوودی بەرز •

حەزرەت (د) فەرموویەتی : هەرشتێ ئازاری موسوڵمان بدا ئەوە موصیبەتە • وە لە ریوایەتی موسلیمدا فەرموویەتی : هەرچی تووشی موئمین ببێ لە ماندووبوونو لە نەخۆشــینو لە دەردی گرانو زویری هەتا دڵمەلوولی کە بەسەریابێ ••• ئەبێ بەهۆی کەفارەتی تاوانو گوناهەکانی • وە فەرموویەتی : کاتێ کــە موسوڵمانێ کوڕێکی بمرێ خودا ئەفەرموێ بە فریشــتەکان : گیانی کوڕەکەتان کێشا ؟ ئەڵێن : بەڵێ • ئەفەرموێت : بەشو

بارەی دڵتان لیٚوەرگرت ؟ ئەڵێن : بەڵێ • ئەفەرموێ : باوکەکەی چی وت ؟ ئەڵێن : حەمدو ئەنای تۆی کـــرد • ئەفەرموێت : هۆدەیەکی لە بەهەشتا بۆ بکەنەوە ، وە ئەو هۆدە ناوی هۆدەی حەمدە •

ئەی برایان ! ئەم جەزای بەرزە بۆ ئەوانەیە کە بە زمانو دڵ رازین بەقەزای خودای تەعالا ، وە رەزا بە قەزا چەن پلەیە لای کەمی ئەوەیە کە ئینسان باوەڕی ببێ بە خودا وە بزانێ کە خودا لەسەر مەنیەتەکە جەزای ئەداتەوە •

﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللهِ ﴾ :

تەپۆڵکەی صەفاو تەپۆڵکەی مەروە عەلامەتو نیشـــانەی عیبادەتی خودان لەکاتی حەجو عومرەدا •

﴿ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ ﴾ :

دەی هەر موسوڵمانێ حەجی کەعبەتوڵڵا بکا لە مانگی قوربانا و یا خود عومرە بکا وە طەوافی بەیتوڵڵا بکا لەهەر کاتێکا ببێ •

﴿ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا ﴾ :

ئەوە تاوانی نایەتە سەر بەوە کە هاتوچۆ بکا لەبەینی ئەوانا وەکو لە دینا بڕیار دراوە •

حەج لە زمانی عەرەبا : قەسدو مەبەست کردنە ، وە لە عورفی شەرعا : زیارەتی کەعبەتوڵلایە لە مانگی قوربانا • وە عومرە لە زمانی عەرەبا : زیارەت کردنو ئاوەدان کردنەوەیە ، وە لە عورفی شەرعا : زیارەتی بەیتوڵلایە بە یاسای شەرعی • وەختی خۆی عەرەبەکان کە دەستیان کرد بە بتپەرستی وە یاسای حەجو عومرەی حەزرەتی ئیبراهیمیان تێکدا ، بتی (اساف)یان لەسەر تەپۆلکەی صــەفا دانا ، وە بتی (نائله) ناویان لەسەر تەپولکەی (مەروە) دانا • جا کاتێ کە موسوڵمانان دینی خوایان ناسیو بتپەرستی لە جیهانا هەڵگیرا پێیان ناخۆش بوو تەوافی صەفاو مەروە بکەن ، لەبەر ئەوە کە لــــە زەمانی بتپەرستیدا بتیان بەسەرەوە بووە • جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە کە صەفاو مەروە نیشانەی بەجێهێنانی شیعاری دینو بــەوەی کە کافرەکان بتیان لەسەر دانان خراپ نابن ، وە ئیستە کــــە بتەکان نەماون تەوافیان بکەن بە یاسای دین •

بزانن ! تەواف لە بەینی صەفاو مەروەدا بۆ بەجێهێنانــی حەجو عومرە سوننەتە لەلای ئیمامی ئەحمەد ، وە لای ئەبوحەنیفە واجبە ئەگەر تەرككرا بە فیدیە چار ئەکرێ ، وە لای ئیمامــی مالیكو ئیمامی شافیعی فەرزو روکنەو بــــە تەرکیان حــەجو عومرەکە بەتاڵ ئەبێتەوە •

مالیـــكو ئیمامی شافیعی فەرزو روكنەو بە تەركیـان حەجو عومرەكە بەتاڵ ئەبێتەوە ·

﴿ وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴾ (١٥٨)

وە هەركەسێ طاعەتێ بكا فـەرز بێ یانە ئـەوە خـودا پێی ئەزانێو وەری ئەگرێ ·

﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى ﴾

بەڕاستی ئەو زانایانە كـە ئەشـــارنەوە ئـــەوەی ئێمە نازلمانكردووە لە ئایاتی روونـــاكو لە ئایاتێ كـە هـــۆی شارەزاكردنی ئادمیزادن بۆ رێگەی دین ·

﴿ مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ﴾ :

پاش ئەوە كە رۆشنمان كردنەوە بۆیان بە كورتی یا بـە درێژەپێدانیان ·

﴿ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ﴾ (١٥٩)

ئەوانە هەموویان خوای تەعالا لەعنەتو نەفرینیان لێ ئەكا ، وە هەموو ئەو كەسانەیش كە خاوەن شوعووری دینین ·

﴿ اِلاَّ الَّذِينَ تَابوا ﴾

مەگەر ئەو کەسانەیان کە پەشیمانبوونەوە لەو شاردنەوەیە.

﴿ وَ أَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا ﴾ :

وە خووو رەوشتی خۆیان چاككردو ، وە ئەوەی کە شاردبوویانەوە دەریانبڕی .

﴿ فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ (١٦٠)

ئەمانە تەوبەو پەشیمانبوونەوەکەیان لێ قەبووڵ ئەکەم ؛ چونکی هەر منم ئەگەڕێمەوە بۆ سەر بەندەی تاوانبار بە چاوپۆشی ، وە منم میهرەبان بۆیان .

﴿ إِنَّ الذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا ـ وَهُمْ كُفَّارٌ ـ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللهِ وَالمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾ (١٦١)

بەڵام ئەو کەسانەی کە دینیان شاردەوەو پەشیمان نەبوونەوە وە بە کافری مردن ئەوە نەعلەتو نەفرینی خودای تەعالا دێتەخوارەوە بەسەریانا . وە نەفرینی فریشتەکانو ئادەمیزادە باشەکانیش بە گشتی .

﴿ خَالِدِينَ فِيهَا لا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذابُ وَلا هُمْ يُنْظَرُونَ ﴾ (١٦٢)

وە حاڵیان وایە ئەمێننەوە لەو نەفرینەداو لە جەزای ئەو تاوانانەدا کە بوون بەهۆی نەفرین هەتا هەتایە . ئەو عەزابەی بۆیان بڕیار دراوە سووكناکرێ لە سەریان . وە بە قەطعی لەهیچ ماوەیەکدا مۆڵەت نادرێنو عەزابیان دوا ناخرێ .

چەن باسێك :

یەکەم : ئیمامی رازی ئەڵێ : ئەم ئایەتی (ان الــــذین یکتمون ··) وتارێکی سەربەخۆیە وە هاتوەتە خوارەوەو هەموو ئەو زانایانە ئەگرێتەوە کە باسێ لە دین ئەشارنەوە · وە بازێ ئەڵێن : نەخەیر هاتووەتـــە خـــوارەوە لە بارەی ئـــەو زانـــا جوولەکانەوە کە لە لایەنی کۆمەڵێ لە ئەنصارەوە پرسیاریان لێکرا لەو صیفاتو نیشانانەی حەزرەتە کە لە تەوراتا هـــەن ئەوانیش ئینکاریان کردو شاردیانەوە · وە بازێ ئەڵێن : ئەم ئایەتە هاتووە لە شانی ئەو جوولەکەو گاورانە دا کە نیشانـــەی پێغەمەریان لە عالەم شاردەوە ·

بەلاّم قسەی یەکەم راستە لەبەر چەن شت ؛ یەکەم : لەفزی ئایەتەکە عامەو پێویستی بە لادان لە مانای خۆی نیە · دووەم : بە یاسای ئوصوول مادام عیللەتی لەعنەتەکە ونکردنی دینـــە هەرکەسێ دین ونبکا بەر ئەو هەڕەشە ئەکەوێ · سێهەم : گەلێ لە ئەصحابەکان (خ) ئەم ئایەتەیان لەسەر مەعنـــــای عومووم ئیعتیبار کردووە ؛ لەوانە : ئەبوهورەیرە (خ) کاتێ کە عیتابی لێگیرا لەسەر زۆرکردنی ریوایەتی ئەحادیس فەرمووی : ئەگەر دوو ئایەتی قورئان نەبوایەن من حەدیسم بۆ ریوایەت نەدەکردن· یەکەم ئایەتی : (ان الذین یکتمون ما انزلنا من البینـــــات والهدی ···) دووەم : ئایەتی (واذ اخذ الله میثاق الذین اوتوا الکتاب لتبیننه للناس ولا تکتمونه ···) ١٨٧ آل عمران ·

لە واقیعا دینو شارەزایی بۆ ڕێگای راست بە زانیـــاری دێتە جێ ، وە دیارە هەموو کەسێ زانیار نیە جا ئەگەر زانیارەکان زانستەکەیان بشارنەوە ئەوە ئادەمیزاد هەموو گومڕا ئەبـــنو

ئەکەونە چاڵی تاریکستانەوە بۆیە بڕیار دراوە کە دەربڕینی زانیاریو بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری بازێ جار فەرزی عەینە لەسەر هەموو زانیارێ وە بازێ جار فەرزی کیفایەیەو لەسەر وەزعی رۆژ ئەگۆڕێ ٠

باسی دووەم : ئەو بەیانەی کە خودا کردوویەتی لە کیتابا بازێکی بە تەفصیلو درێژەداره وەکو ئەو ئایەتانە کە ئەبن بەهۆی رووناکی ئایەتە کورتەکان یانی بۆ بەیانی قەیدی موطلەق یا تەخصیصی عام یا جێگەی رەفتارکردن بەو ئەیاتە ؛ ئایا ماوەتەوە یا مەنسوخە !

وە بازێکیان بە ئیجمالن وەکو ئەوە کە لەکیتابا بەیانی قورئان حەواڵە کراوە بە پێغەمەر (د)وە یا باسی ئەوە کراوە کە رێگای گشتی موسوڵمانان راستە یانی ئیجماع حەقەو وەکو ئەوە ئەمر کراوە بە ئیعتیبار یانی قیاسێ موجتەهیدو زانای رەسا بیکا بەکارە ، وەیا دەلیلێ ئینسانی خاوەن زانست سەوقی بکا هۆی رزگارییە ٠ یانی پوختەی شوێنەکە ئەمەیە کە بەیانی خودای تەعالا دەس ئەدا بۆ بەیانێ کە بەئاشکرا بێ ، وە بۆ بەیانێ کە بە شێوەی ئیستینباط وە ئیستیفادە کردن بەهۆی یاسای موجتەهیدەکانەوە بێ ٠

باسی سێهەم : لە جوملەی (وهم کفار) کە حاڵە لە (فاعل)ی (وماتوا) دەرئەکەوێ لەعنەت لە کاتێکا رەوایە بزانرێ ئەو کەسە بەکافری کۆتایی ژیانی هاتووە ٠ کەوابێ دروست نیە لەعنەت کردن لە کافرێکی دیاری تا نەمرێ بەکافری ؛ چونکە ئەنجامی دیار نیە ، وە بە (طریق الاولی) دروست نیە

لەعنەتکردن لە موسوڵمانی دیاری : چونکی زاهیری حاڵی ئـەم موسوڵمانە ئەوەیە کە لەسەر ئیسلامییەت ئەمرێ • بەڵام لەعنەت لە کۆمەڵەی کافران بە ئیجمال دروستە ، واتە موباحەو رەوایە ، ئەنا لەعنەتکردن لەوانەیش نە واجبەو نە مەندووبە وە حەقی ئینسان وایە کە زمانی خۆی رام نەکـــا بۆ واتەی نابـــارو ناشیرین •

هەروا لەعنەت لە ستەمکارانو شەرابخۆرانو دزو درۆزنان بە کۆمەڵو بە ئیجمال ئەوە لە ئایەتو حەدیثا هەیەو رەوایە ، وەکو مەعلوومە بۆ ئەوانە کە ئاگادارن •

جا لەکاتێکا خوای تەعالا هەڕەشەی کرد لە زانایان لەسەر شاردنەوەی وتاری راست ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە بۆ ئەمە بانگیان بکا بۆ ئیعلانی تەوحیدو بەیانی یەکیەتی پەروەردگار لە جیهانا : چونکی تەوحیدی پەروەردگـــار بناغەی هـــەموو پیرۆزیو بەختیارێیکە بۆ ئادەمیزاد وە بۆ هەموو خاوەن هۆشێ ، وە فەرمووی :

﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾ :

پەروەردگاری ئێوە پەروەردگارێکی تاقو تەنیایە •

﴿ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾

هیچکەسێ نیە کە (واجب الوجود)بێ وە عیبادەتی بۆ بکرێو پەروەردگاربێ ئیللا ئەو •

﴿ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴾ (١٦٣)

کە میهرەبانو بەخشندەیە بەهەموو جۆرە بەخششێ لـەم جیهانەو لە جیهانی ئاییندەدا کە پایەدارە هەتاهەتایە •

فائیدەیەك :

ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو ترمـذی بەسەنەدێكی صەحیح ریوایەتیان كردووە لە حەزرەتەوە (د) كە ئیسمی ئەعظەم وا لەم دوو ئایەتەدا ؛ یەكەم : (والهكم اله واحد لا اله الا هـو الرحمن الرحيم) ٠

دووەم : ئایەتی ئەووەڵی ئالی عیمران (الم ، الله لا اله الا هو الحي القيوم) ٠ وە طەبەرانیو حاكم ریوایەتیان كردووە بە سەنەدێكی حەسەن لە حەزرەتەوە (د) كە ئەو ئیسمی ئەعظەمەی ئەوتەو پاڕانەوەی پێبكرێ لەخودا ئەبووڵی ئـــەكا وا لە سێ سوورەت لە قورئانا : (البقرة) ، (آل عمران) ، (طه) ٠

﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمٰوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِـلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ التِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ ﴾ :

بەڕاستی هەیە لە دروستكردنی عاسمانەكانو عەرزو لـە جیاوازی شەوو ڕۆژدا بەكورتیو درێـــــژی ، وە لە ئیلهامی دروستكردنی ئەو كەشتیانەدا كە ئەڕۆن لەدەریاداو ئەبن بەهۆی دەسكەوتنی ئەوەی سوودی هەیە بۆ ئادەمیزاد ٠

﴿ وَمَا أَنْزَلَ اللهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ ﴾ :

وە لە باراندنی ئەو ئاوەی كەخودا ئەیبارێنێتە خوار لـە عاسمانەوە جا ئەم عەرزە وشكە مردووە بێسوودەی پێ زیندوو

ئەکاتەوە لە پاش مردنەکەی و ئەنواعی گیانلەبەری تێدا بڵاو ئەکاتەوە ٠

﴿ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ﴾ :

وە لە گۆڕان و شەپۆلدان بە باکان بەسەر عەرزا بۆ نەشەدان بە گیاو دارو گیاندار وە لە هەورا کە رام ئەکرێ لەبەینی عەرزو عاسمانا ٠

﴿ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾ (١٦٤)

گەلێ عەلامەت و دەلیل هەیە لەسەر ئەوە کە ئەم جیهانە پەروەردگارێکی زیندووی زانای بە تەواناو خواستی هەیە ، بەڵام ئەم ئایاتە وە ئەم دەلیلانە لەلای ئەو ئادەمیزادانە هەن کە خاوەن زانستن و هۆشیارو بیرەوەرن ٠

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەگێڕنەوە کاتێ کە ئایەتی پێشوو هاتەخوارەوەو کافرەکان بیستیان وتیان بە حەزرەت : دەلیلت چیە لەسەر ئەمە کە ئێمە خودایەکی تاق‌وتەنیامان هەیە ؟! جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە ٠

دووەم : خودای تەعالا قورئانی نازڵکردووە بۆ ڕێنومایی لەسەر پایەو هۆشیاری ئەوانە کە ئەیبینن ، وە هەرکەس بە قەی پایەی هۆشیاری خۆی سوودی لێوە رئەگرێ ٠ مەسەلا ئەو کەسانە کە زانان و ئاگادارن لەصیفاتی مەوجوودات ئەوانە لەم ئایەتانەدا

بەیان‌کراون لەجیهەتی ئیمکان‌و حودووث‌و یاساو نیظام تەماشا ئەکا وە ئەڵێت : هەرچی لەم جیهانەدا هەیە بەئاشکرا لە ئیمکان دەرناچێ ، وە مومکین بوون‌و نەبوونی بەبێ تەرجیح‌و هێزی خاریجی نابێ‌و ئەو هێزە خاریجەیش نابێ وەکو ئەمان لەلایەنی مومکینەوە بێ‌و پێویستە لە زاتی واجبـــەوە بێ کەوابــوو بە رووناکی ئیمکانی ئــەم جیهانە دەلیــلە لەســـەر وجــوودی پەروەردگارێکی (واجب الوجود) کە ئەم عالەمەو ئەو ئەوزاعە ئیحداث بکاو بیخاتە مەیدانی وجوودەوە •

وە لە لایەکی تریشەوە قابیل نیە ذاتی (واجب الوجود) موعاریضێکی ببێ کە لە ئیمکانا ببێ موخالەفەی ئەم زاتە (واجب الوجود)ە بکا ، کەوابێ پێویستە ئەم زاتە (واجب الوجود)ە کە خالیقی جیهانە یەك زات بێ • بەم جۆرە ئیسباتی بوونی خالیق‌و تەنیایی خالیق ئەکا •

وە ئەو کەسانەیش کە پایەی هۆشیارییان پایەی عەوامی ئادەمیزادە کە تۆزێ بیری کردەوە لەم جیهانەداو لەو عــەرزو عاسمانەداو لەم شەوو رۆژەدا کە کورت ئەبن‌و درێژ ئەبن‌و ئەم فەسڵانە رێك‌ئەخەن وە هـــەر مەوسیمێ بۆ نەوعــە ژیــوارێ بەکاردێ وە تەماشای عەقڵی ئادەمیزاد ئەکا کە چین بەچین بەرز ئەبێتەوەو ئەسبابی ژیوارو بەرزی خۆی پەیدا ئەکاو کەشتی دروست ئەکاو ئەڕواتە ناو دەریای بێ‌پەی ، وە بە هۆی چەن شتێکەوە سوود لە دەریا وەرئەگرێ ، وە کاتێ تەماشای ئــەوە ئەکا ئەم جیهانە بە وشکی گیاندار ناژی بەسەریەوە وە خوای تەعالا هەور رێك‌ئەخاو باران ئەبارێنێ‌و ئەنواعی گیاو داری

بەسوودو ئەمەر ئەڕوێنێ وە ئەنواعی گیانلەبەرێ لەسەر عەرز دروستئەکا کە سوودیان لێوەرئەگیرێ ، وە هەروا بە درێژایی چەرخی شەوو رۆژ ئەم باو بارانو هەورە بە قەی پێویست پەیدا ئەبێو ئەنواعی رووداو لە جیهانا ئەبینێ بە جۆرێ کە ئەم جیهانە وەکوو (دادگایێکی) بە یاسا وا دێتە بەرچاوی کـــە بەسەرە ئادەمیزاد راکێشن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ستەمکار • کاتێ بیری کردەوە لەم رووداوانەو لەم یاسا رەسایە کە هەروا دەوام ئەکا باوەڕێکی بەهێز لە دڵو دەروونیا دائەمەزرێ کە ئەم جیهانە پەروەردگارێکی نیگاهبانی بەتەواناى هەیەو زاڵە بەسەر هەموو خواستێکی خۆیاو کەس لە دائیرەی هێزی دەرناچێ ، وە ئـــەو پەروەردگارەیش یەك زاتی تاقو تەنیایە • ئەگەرنا ئەم دنیا ئەبوو بە خانووی خـاوەن زۆر : رۆژێ ئاســـمان ئەڕووخاو رۆژێ مانگ دائەکەوتەخوارەوەو رۆژێ هـــەتاو بێرووناکی ئەبووو رۆژێ دەریاکان وشكئەبوونەوە ••• مادام کە هەموو ئەمانە لەسەر یاسایەکی جوانی رەسا دەوام ئەکەن ئەزانی کە ئەو پەروەردگارە تەوانایە هەر یەکێکەو بەدڵو زمـــان ئەڵێی: (لا اله الا هو الرحمن الرحیم) •

سێهەم : موفەسسیرەکان گەلێ بیریان دەربڕیوە دەربـــارەی ئەم تەرتیبە کە لەم ئایەتەدایە ، پێویست نیە بە بەیانیان ، وە جوانتریان ئەمەیە گەورەترینی مەوجوودات لە جیهانا گیانلەبەرە وە گەورەتـــرینی گیانلەبـــەران ئینســـانە وە ئینسانو باقی گیانلەبەران پێویستیان بە چوار شت هەیە ؛ یەکەم : (زەرفی مەکان) شوێنی تیابوون • دووەم : (زەرفیزەمان) ماوەیێ سوودی لێوەربگیرێ بۆ کاسبیو ئاساییشوەرگرتن • سێهەم :

رزق‌و رۆزی که ژیواری پێ‌بکه‌ن · چوارەم : دەوامدان بـەو وەزعه ·

بۆیه به‌م پێیه خودای ته‌عالا به‌ر له هه‌موو شتێ باسی خه‌لقی عاسمان‌و عه‌رزی کرد ، له‌به‌ر ئه‌وه که عه‌رز زه‌رفی مه‌کانه بۆ ئینسان‌و گه‌لێ گیاندار ، وه عاسمانیش جێگه‌ی هه‌ڵسووڕانی گیانداری باڵنده‌یه ، وه‌عاسمانی خسته پێش‌عه‌رز له‌به‌ر ئه‌وه که عاسمان کانگه‌ی رژاندنی نوورو رووناکییه به‌ســـه‌ر جیهاناو به‌بێ رووناکی گیان‌له‌به‌ر جێگه‌ی خۆی نادۆزێته‌وه ·

پاش ئه‌مه باسی ئیختیلافی شه‌وو رۆژی کرد ؛ چونکی به‌بێ ئیختیلافی شه‌وو رۆژ ، یانی به‌بێ ئه‌وه بێن به‌شوێن یه‌کا کاتی کارکردن‌و کاتی ئاساییش بۆ ئینسان ده‌س‌ناکه‌وێ به شـێوه‌و یاسای دامه‌زراو · جا باسی که‌شتی کرد : چونکی رزق‌و رۆزی بۆ ژیوار گه‌لێکی له ده‌ریادا ده‌سئه‌که‌وێ به تایبه‌تی بۆ ئه‌وانه وان له قه‌راخی ده‌ریادا وه جه‌واهیراتی ناوی ده‌ریا به‌هـــۆی که‌شتیه‌وانیه‌وه ده‌ست‌ئه‌که‌وێ ، هه‌روا گه‌یشتن به وڵاته‌دووره‌کان وه سوودوه‌رگرتن له‌وانه به‌هـــــۆی که‌شتیڕانیه‌وه به‌ئاسانی دێته‌جێ·جا باسی بارانی ئاسمانی کرد؛ چونکی بارانه ئه‌بێ به‌هۆی سه‌رچه‌شمه‌و کانیاوو کارێزو رووبارو ئه‌بێ به هۆی ده‌رچوونی گیاو داری باره‌دارو کشت‌وکاڵ‌و ژیواری گیان‌له‌به‌ر ·· جـا باسی جووڵان‌و شه‌پۆلی بای کرد ، وه باسی هه‌وری چین‌به‌ستووی هه‌وای کرد ؛ چونکی ئاوی ده‌ریاو هێزی‌گیاو دار له‌سه‌ر عه‌رز وه ژیواری هه‌موو گیان‌له‌به‌ران هه‌تاهه‌تایه‌و دنیا دنیایه له‌سه‌ر باو بارانه · وه له واقیعا ئه‌م شتانه که باس کراون له‌م ئایه‌ته‌دا نیشانه‌ی وجوودی په‌روه‌ردگارو ته‌نیایی ئه‌ون وه دامه‌زراندنی

یاسای ژیان بۆ گیانلەبەر وە قانوونی ئەسباب‌و موسەبیبات لە رووی سەربساتا وە رێگە دۆزینەوە بۆ پێشکەوتن‌و سەرکەوتن وە زاڵبوون بەسەر دڵخوازی ئادەمیزادا بەوانەیە ٠ چا خۆزگە بەوانە هۆشیارو خاوەن‌دەسەلاتن‌و موەفەق ئەبن لەسەر سوود لێوەرگرتنیان !

﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللهِ أَنْداداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللهِ ﴾ :

لەگەڵ ئەم دەلیلانە کە هەن لەسەر ئەوە پەروەردگاری عالەم تاقەزاتێکی (واجب الوجود)ە کە هەر ئەو تەوانایی هەیە بەسەر جیهانا وە پێویستە هەر لەبۆ ئەو عیبادەت بکرێ وە هەموو سوودو زیانێ لەوەوە بزانرێ ٠٠٠ بازێ کەسی وا هەن کە لەبەر ئارەزووکاری‌و خۆپەرستی لەم دەلیلانە لائەدەن‌و بێجگە لەخودای تەعالا چەن هاووێنەیێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن ، وەکو ئەو (بتانە)کە ئەیانپەرستن ، یا وەکو ئەو (مالوم)و (قەشە)انە کە لەگەڵ وجوودی پێغەمەرا (د)وە دەرکەوتنی موعجیزات‌و ئینتیصاراتی ئیسلام‌و ئاشکرایی دەعوەتەکەیا ئەکەونە شوێنیان‌و هەر حوکمێ ئەوان بڕیاری بدەن بەجێی دێنن‌و ئەو بتانە کە بە دەست تاشراون وە یا ئەو قەشەو مالوومانە کە بەخاوەن شەرع بڕیار دراون خۆشەویستن‌و ئەم هەواخواهانە خۆشیان ئەوێن وەکو چۆن خودای پەروەردگاریان خۆش ئەوێ ٠

﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبّاً لِلَّهِ ﴾ :

بەڵام ئەو کەسانە ئیمانی ساغیان هەر بەخودا هەیە ئەوە مەحەببەتیان بۆ خودا زۆرترە لە مەحەببەتی ئەوان بۆ

بتەکان یا بۆ قەشەو مالوومەکان لەبەر ئەوە موسولمانەکان هەر خودایان خۆش ئەوێ ، وە ئەوان خوداو بتەکان ، یا خوداو قەشەو مالوومەکانیشیان خۆش‌ئەوێ ، وە لەبەر ئەوە کـــە محەببەتی موسولمانی ساغ لەبەر خوداو هەتاهەتایە ، بـــەلام محەببەتی ئەوان لەبەر دونیایەو لەبەر بازێ هیوایە کە ئەو هیوایانە نەمان محەببەتەکە نامێنێ ، وە لەبەر ئەوە کە مەحەببەتی خودا لەسەر ئەساسی حەقیقەتە وە مادام عەقڵو هۆشی بمێنێ ئەو مەحەببەتە ئەمێنێ ، بەلام مەحەببـــەتی ئـــەوان لەســـەر ئیشتیـــباهـو شوێن‌کەوتنە هەرکاتێ ئیشتیباهەکە نەما مەحەببەتەکە نامێنێ وەکو راکردن بۆ لای (سەراب = بەردەخوێ) کە پێی‌گەیشتو تێی‌گەیشت بە نائومێدی بەجێی ئەهێڵێت ・

﴿ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ ﴾ (١٦٥)

ئەگەر بیانزانیایێ ئەو کەسانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بەو بیرو باوەڕە نابارە لەکاتی چاوپێکەوتنی عـــەزابو ئازاری دۆزەخا کە هەرچی هێزە هەر بۆ خودایە هەمووی ، وە خودای تەعالا تۆڵەسەندنەوەی زۆر بەشیددەتو سەختە ـ ئـــەیانزانی کە وان لە خەسارەتو زیانا ・

﴿ إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوُا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ ﴾ (١٦٦)

ئەو کاتی چاوپێکەوتنی عەزابە کاتێکە کە بتەکانو قەشەو مالوومەکان یەخەی خۆیان هەڵئەتەکێنن لەو کەسانە کە کەوتوونەتە

شوێنیان ، وه هەموو عەلاقەو پەیوەندییەك لە بەینیانا ئەبچڕێ. وە لە باتی مەحەببەتو پەیوەندی رقو کینـــەو دوژمنایەتی دەرئەکەوێ !

﴿ و قَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا : لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا ﴾ :

وە لە رۆژی دیتنی عەزاباو لەو کاتی یەخەهەڵتەکاندنی سەرۆکانەدا ئینسانە خەڵەتاوە شوێنی هەواکەوتووەکـــان بە داخو ئاخەوە ئەڵێن : کاشکی گەڕانەوەیەکمان ببوایە بۆ جیهانی ژیانی پێشوو هەتا لە بەرەوڕووی ئەهلی دنیادا ئێمەیش یەخەی خۆمان لەو سەرۆکە پووچەڵانە هەڵبتەکانایە وەکو ئەوان لـــەم جیهانی پاشەرۆژەدا یەخەیان لە ئێمە هەڵتەکان ، وە هەر وەکو ئەوان ئابڕووی ئێمەیان بردووەو ئێمەیان شەرمەسار کردوە ئێمەیش ئەوانمان شەرمەسار بکردایەو ئابڕوومان ببردایەن ٠

﴿ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ ﴾ :

ئا بـــەو جۆرە کە تووشی عەزابی ئاگری دۆزەخو تووشی شەرمەساری رۆژی قیامەت ئەبن خـــوای تەعالا جـــەزایان ئەداتەوەو کردەوەکانیان دێنێتە بەرچاو بەشـــێوەی حەســرەتو غەمباری بەسەردڵیانا ٠

﴿ وَمَا هُمْ بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ ﴾ (١٦٧)

وە تەنیا ئەوە نیە کە ئـــەو عـــەزابو شەرمەســـاریەیان

نیشان بدات‌و ببڕێته‌وه ، به‌ڵکو هه‌تاهه‌تایه له ئاگری دۆزه‌خیش ده‌رناچن .

پێویسته بزانن ته‌فسیرکردنه‌وه‌ی که‌لامی خودا به هـــه‌وا نابێ ، وه واجبه له‌سه‌ر رووناکی ده‌لیلی عه‌قڵی‌و نه‌قڵی بێ .

جا له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه (ئه‌نـــداد) هاووێنـــه‌یه‌کی وایـه موقاوه‌مه‌ی دینه‌که‌ی بکاو به‌رانگاری ببێ‌و مه‌نعی بکا له خواستی خۆی ، وه به قه‌طعی (ئه‌نداد) به‌م مه‌عنایه بۆ خودا نیه‌و که‌س دانی به‌شتی وادا نه‌ناوه مه‌گه‌ر گه‌لی بت‌په‌رسته‌کان که به هه‌وای پووچی خۆیان بته‌کانیان به خودای سه‌رزه‌وی داناوه‌و مه‌گـه‌ر کینابییه ئه‌واپه‌رسته‌کان که له‌به‌ر ئاره‌زووبازی که‌وتوونه‌تـه دووی ماڵوموو قه‌شه‌کانیان ، وه له‌گه‌ڵ وجوودی پێغه‌مـــه‌ری نازاراو له‌گه‌ڵ ده‌رکه‌وتنی (معجزات)داو له‌گه‌ڵ تێگه‌یشتن لـه خووو ره‌وشتی ئه‌هلی ئیسلام له رێگای راست لایان داوه‌و بـه درۆو ده‌له‌سه‌و فڕوفێڵ مه‌نعی خه‌ڵکیان کـــردووه لـه‌وه کـــه موسوڵمان ببن‌و نیشانه‌و عه‌لامه‌تی راستی پێغه‌مه‌ری نازاریـان شاردووه‌ته‌وه .

ئیتر ته‌فسیرکردنه‌وه‌ی (ئه‌نداد)به هه‌موو سه‌رۆکێکی دینی له عاله‌می ئیسلاماو به‌هه‌موو زانایێ که موسوڵمانان بکه‌ونـه شوێنی ، وه یا ته‌فسیرکردنه‌وه‌ی به ئیمامێکی موجته‌هیدی خاوه‌ن ته‌ئلیف‌و ته‌دوین که عاله‌می عوله‌ما ملیان بۆ شۆڕ بکه‌ن ئـه‌مه ته‌فسیرێکی هه‌ڵه‌و بیدعه‌ت‌و به‌تاڵه ، به‌ڵکو ئه‌م نه‌وعه به‌یانه له بانگکردنی ئاده‌میزاد ئه‌چێ بۆ ئه‌وه که جومهووری موسوڵمانان به‌گومڕاه دابنێن‌و موجته‌هیده‌کان که خزمه‌تی قورئان‌و سوننه‌تی

پێغەمەریان کردووە بە (ئەنداد)و پیاوی بەدکـــارو تاوانبار دابنێن (والعیاذ باللە) لەم بیروباوەڕە پووچە بەتاڵە کە بێجگە لە ئیبلیس کەس پێی‌رازی نابێ ٠

هەروەها تەفسیری (ئەنداد) بکرێتەوە بە گەلێ لەو موسوڵمانە پاکانە کە بە پەیڕەوی پێغەمەر (د)و زوهدو تەرکی دنیاو دووری لە هەوای نەفس دڵیـــان نوورانی بووەو بە زیکـــری خـوداو قورئان‌خوێندن‌و شەونوێژو طاعەت دڵیان رام‌و ئارام بووە ٠٠٠ ئەمەیش هەر بەدبەختی‌و لادانە لە رێگەی ئیسلام ؛ چونکی لـــە قورئانا خودا تاریفی دۆستانی خۆی لە چەن ئایەتا کـــردووەو نیشانەو عەلامەتی بۆ داناون‌و پوختەی نیشانەیان ئەمەیە کە وان لەسەر خووو رەوشتی پێغەمەر (د)وە ئیعلانی کردووە : (الا ان اولیاء الله لا خوف علیهم ولا هم یحزنون الذین آمنوا وکانـــوا یتقون) ٠ وە ئەم کۆمەڵە دائیما بە زمان‌و بەنووسین جاڕ ئەدەن بەجیهانا کە رێگەی ئێمە رێگەی قورئان‌و حـــــەدیثی پێغەمەرە (د)وە هەرکەس لەو رێگە لابدا ئەوە گومڕایە ٠٠ ئەم زاتانەو ئەو ئیمامە عالمەگەورانە هەموو وەکو چرای رووناکن لە مەیدانی تاریکستانی جیهاناو دونیا بەمانە روونـــاك ئەبێتـــەوەو دڵی هۆشیار بە صوحبەتی ئەمانە پاك ئەبێتەوەو بەختیار ئەو کەسەیە کە بە پەیڕەوی شەرعەوە هاوڕێی پاکانەو لەسەر خۆشەویستی ئەوان ئەمرێ ٠

﴿ یَا أَیُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلالاً طَیِّباً ﴾ :

ئەی ئادەمیزاد بخۆن لـــەو خواردەمەنییانـــە کـــە دەستان

پێی ئەگا لە ئەرزا بە مەرجی ئەمە کە حەڵاڵو ڕەوا بێ خواردنی ، واتە ماڵی خەڵك نەبێ ، وە (طیب) بێ . واتـــە بە تەبیعەتی ئینسانی سەلیم قیزەون نەبێ ·

﴿ وَلاَ تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ﴾ :

وە مەکەونە دووی هەنگاوەکانی شەیتان : حەرام لە بـۆ خۆتان حەڵاڵ مەکەن ، وە حەڵاڵ لەسەر خۆتان حەرام مەکەن ·

﴿ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ ﴾ (١٦٨)

بەڕاستی شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی دیارییە ·

﴿ إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ ﴾ :

شەیتان فەرمانتان پێنادا مەگەر بە شتێ کـــە نابار بێو بێرو باوەڕوو کردەوەیێ کە زۆر لە ئەندازە لایدابێ ، وەکـو شەریکداتان بۆ خـــودا وە دەسبردن بۆ گیانو ناموسو ماڵی خەڵكو وتاری ناشیرین ·

﴿ وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللهِ مَا لا تَعْلَمُونَ ﴾ (١٦٩)

وە فەرمانتان پێئەدا بەوە کە هەڵبەستن لەسەر خودا ئـەو شتانەی کە نایزانن وەکو حەرامکردنی حـــەڵاڵو حەڵاڵکردنی حەرام ·

لێرەدا دوو باس هەیە :

یەکەم : ئەم ئایاتانە هاتنەخوارەوە بەهـۆی ئەوەوە کـە هۆزی (ثەقیف)و (خەزاعە)و (بەنیمدلج) چـوار شتیان حـەرام کرد لەسەر خۆیـــان : (بحیرە) ، (سائبە) ، (وصیلە) ، (حام)

یەکەم : وشترێ کە پێنج سك بزایێو سکی ئاخری نێر بوایێ گوێچکەیان هەڵئەقلێشانو بەرەڵلایان ئەکرد نە سواری ئەبوونو نە ئەدۆشرا ، بەم پێیە (بحیرە) یانی گوێهەڵقلێشاو • دووهەم (سائیبە) : نەخۆشێ ئەیگوت : ئەگەر لەم ناساغییە خۆشەوە بووم ئەو وشترەم بەرەڵلا ئەبێ کاتێ خۆش ئەبۆوە وشترەکەی وەك (بحیرە) بەرەڵلا ئەکرد ، نە سواری ئەبوو وە نە ئەیدۆشی • واتە (سائبە) بەرەڵلاکراو • سێهەم : (وصیلە) ئەگەر وشترەکەیان بە مێچکە بزایێ وەریان ئەگرت بۆ خۆیان وە ئەگەر بە نێر بزایێ دایان ئەنا بۆ بتەکان وە ئەگەر نێرو مێیەکی ببوایە ئەیانوت : وا مێچکە گەیشت بە برای خۆی ، ئیتر لەبەر خاتری ئەو مێچکە نێرەکەیان سەرنەدەبڕی • واتە (وصیلە) : یانی مێچـــــکەی بەنێرەگەیشتوو • چوارەم (حام) : ئەو وشترەیە کە دە سك بزێ لە نێرەیێ جا پاش ئەوە سواربوونی ئەو وشترەیان حەرامئەکردو ئەیانوت : ئەو وشترە (حامیە) واتە پشتی خۆی پارازتووە لـــە سواری • جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئـــەم حەرامکـــــردنە هەمووی لەکەوتنەدوای شەیتانەو خودا بە شتی وا رازی نیە •

باســی دووهەم : زاناکـــان فەرموویانـــە : خودای تـــەعالا ئادەمیزادی جیاکردووەتەوە لە گیانلەبەران بەصوورەتی جوانو خەلاتی (نەفسی ناطیقە) واتە : رۆحی هۆشیار ، وە ئەم نەفسی ناطیقە سێ هێزی پێدراوە ، یەکەم : قووەی عەقلییە کە هۆی تێگەیشتنو زانستو زانیارییە • دووەم : قووەی شەهەوییە ، واتە : هێزی ئارەزوو ، ئەویش بۆ جەلبو راکێشانی شـــتی بەسوودو دوورخستنەوەی شتی زیاندارە • سێهەم : قـــووەی

غەضەبییە ، واتە : هێزی تووڕەبوون‌و دەست‌وەشاندن بۆ ئەوە کە ئەگەر دوژمنێ هێرشی هێنایە سەر تێکۆشێ بۆ چارکردنی •

چا ئەم سێ هێزە هەر یەکێ سێ پلەی هەیە ، هەر ناوەڕاستەکانیان فەزیلەیەو پەسەندە ئیتر ئەولاو ئەملایان (رذیلە)یەو ناپەسەندە • وەکو : هێزی ناوەڕاستی قووەی عەقلییە حیکمەتە کە عیبارەتە لە زانستی شت بە شێوەی راستی ، وە پەڕی ئەولای جەربەزەیە کە تێپەڕکردنە بەسەر شتا ، وە پەڕی ئەملا (غباوە)یە بە مانا تێنەگەیشتن • وە هێزی ناوەڕاستی قووەی شەهەوییە (عیفەتە) کە عیبارەتە لەوە کە (جذب)و (دفع)ەکەی بە قەی پێویست بێ ، وە پەڕی ئەولای (فجور)و داوین‌پیسی‌یە ، وە پەڕی ئەملای (خمود)ە کە کووژانەوەی ئارەزووە •

وە هێزی ناوەڕاستی قووەی غەضەبییە شەجاعەتە کە عیبارەتە لەوە ئینسان دەسبەرداری حەقی خۆی نەبێ وە هێزی ئەوپەڕی (سبع)یەتە ، واتە : دڕندەیی‌و ستەمکردن وە هێزی ئەملایشی جەبانەت‌و ترسنۆکییە •

چا ئینسانی بەختیار بەو ئینسانە ئەڵێن کە هەمیشە هێزی حیکمەت بکا بە پێشەوای خۆی‌و هەتا پرس نەکا بەو هیچ شتێ ئیختیار نەکا • مادام وای‌کرد ئەگا بە پێڕەوی هەرچی حەقە ، ئەگەر رەهبەرێکی چاو پێکەوت‌و لە وتارە راستەکەی‌و لە رەوشتەکەی تێگەیشت وە ئەگەر رێبڕێکی دی کە بانگی ئەکرد بۆ بەدبیری‌و بێ‌باوەڕی لەو نزیك بکەوێتەوەو لەم دوور بکەوێتەوە ••

وه ئەگەر چەن شتێ لە ئارادا بوون بۆ خوێندنو فێربوون کامیان سوودی زۆرە ئەوەیان بخاتەپێشەوە وە کامیان بێسوودە تەرکی بکا • وە ئەگەر ئارەزووی شتێکی کرد پرس بکا بە هێزی حیکمەت : ئایا ئەو ئارەزووکراوە باشەو پەسەندەو لەسەر یاسای هۆشەو لەسەر دەستووری کێشە بیکا ئەنا تەرکی بکا • وە ئەگەر شتێ هاتەپێش کە جوان نەبووو مایەی زیان بوو ئەوە هاوار بەرێ بۆ قووەی حیکمەت کە چۆن بەرانگاری ببێ • وە یا ئەگەر سوود لەوەدا بوو دەسبەرداری ببێ وازی لێ بهێنێو دەسبەرداری ببێ ، وە مادام وابوو هەمیشە نووری خودا یارمەتی ئەدا (یؤتی الحكمة من يشاء ومن يؤت الحكمة فقد اوتي خيرا كثيرا) •

وە ئینسانی بەدبەخت بە قەطعی موراجەعەی حیکمەت ناکاو گیرۆدەی تاریکی نەفس ئەبێو شەیاطینی ئینسو جین زاڵ ئەبن بەسەریا وە ئەم نەوعە تابیعی هەنگاوی شەیتانن • پەنا بەخودای میهرەبان ! یانی نەکەونە دوای ئەو خەیاڵاتە کە شەیتان ئەیخاتە دڵیانەوە •

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ : اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللهُ ﴾ :

هەرکاتێ بوترێ بەو کافرە موشریکانە : کە بکەونە دووی ئەو قورئانە خودا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەر حەزرەتی محەمەد (د) •

﴿ قَالُوا : بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَائَنَا ﴾ :

ئەو کافرانە لە وەڵاما ئەڵێن : تابیعی ئەو قورئانە نابین ،

بەڵکو ئەکەوینە شوێنی ئەوەی کە باوكو باپیرەی خۆمانمان دیوە لەسەری ، وە تەرکی یاسای دینو ئایینی ئەوان ناکەین · جا خودا بە هەڵەیان ئەداتە قەڵەمو ئەفەرموێت :

﴿ أَوَ لَوْ كَانَ آبَائُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ ! ﴾ (١٧٠)

واتە : ئەوە ئەگەر باوكو باپیرەکانیان شارەزای حەق بوونایە وە هۆشیار بوونایە باش بوو · ئایا ئەگەر باوكو باپیرەکانیان هیچ نەزان بووبنو ئاگایان لە دینی راستو رێگەی رەزای خودایش نەبووبێ هەر ئەکەونە شوێنیان ؟!

واتە : ئەگەر ئادەمیزاد بکەوێتە شوێن کێشو پیشەی پێشیناتێکی هۆشیاری زانیاری خاوەن دینو دەستوورو لەسەری بڕوا زۆر باشە ، وەکو حەزرەتی ئیبراهیم وەصیەتی کرد بۆ ئەولادەکانی کە لەسەر دینی ئیسلامیەت بمێننەوە · وە وەکو حەزرەتی یەعقووب وتی بە کوڕەکانی : لەپاش من چی ئەپەرستن ؟ ئەوانیش وتیان : دینی تۆ ئەپەرستینو خودای تۆو باوكو باپیری تۆ ئەپەرستین · بەڵام ئەگەر هەروا بکەوێتە سەردووکەوتنی کوێرانەو رێگەی نەزانیو نەفامیو شانازی کردن بە ڕێگەی هۆزی پڕ لەنەزانیو نامەردی بکا ئەمە گەلێ نابارو ناهەموارە ·

بەڵام ئەی رەهبەری نازار ! لە ئامۆژگاری ئەم جۆرە کەسانە کە وشکەوەبوون لەسەر چاولێکەریو کەوتنەدووی تەقلیدی بێدەلیل کەم هەڵئەکەوێ سوودێکتان دەسبکەوێ ·

﴿ وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ :

وێنەی ئەو کافرانە کە بە تەقلیـــدی رووت کەوتوونەتە شوێن باوكو دایکیان بەرابەر بەو رەهبەرانە کە ئامۆژگارییان ئەکەنو بانگیان ئەکەن بۆ رێگەی ئیسلام ٠

﴿ كَمَثَلِ الَّذي يَنْعِقُ بِمَا لا يَسْمَعُ اِلاَّ دُعَاءً وَنِداءً ﴾ :

وەکو حاڵی شوانێ وایە کە ڕانێکی بزنو مەڕی لەبەردەستا بێو پیرکە بکا بەناو حەیواناتەکەیداو هیچ شتێ نەبیسێ ئیللا بانگو هاوارێکی رووتی وا نەبێ لە مەعناکەی تێنەگەن ٠

ئەم ئایەتە تەشبیهێ زۆر بە مانای بەرزە ؛ لە لایەنی (مشبە)و (مشبەبە)یەوە هەیئەتێکی تێکەڵ لە مەعانی موختەلیفە هەیە وە وەجهی تەشبیهەکەیش هەم هەیئەتێکی تێکەڵە ٠ ئەوەتە لە لایەنی موشەببەهەوە تەماشای رەهبەری دڵسۆزی پاکی کردووە کە بەبێ داواکردنی موزدو منەت بانگ بکا لەگەڵێ لە ئادەمیزادی دوور لە هۆشو لە زانیاری دوورکەوتـــووی سوودوەرنەگرتوو لـــە ئامۆژگاری ٠ وە لە جانیبی (مشبەبە)وە هەم تەماشای شوانێکی زانای فامیدەی دڵسۆزی کردووە کە گـــەلێ مـــەڕو بزنی لـــە بەردەستابێ وە پیرکەیان بەناوا بکا بۆ ئەوەی بڵاوە نەکەنو بێنەوە سەر لەوەڕگای خۆیانو بگەڕێنەوە بۆ لەوەڕی خۆیان ، وە ئەو حەیوانانەیش غەیری دەنگەکە هیچ تێ نەگەن ٠ لەگەڵ ئەوەشدا کـــە حەیوانەکـــان ســـوودێ وەرئەگـــرن لە دەنـــگی شوانەکەیانو گردئەبنەوەو لە زیانی گورگو دڕندەو دز رزگار

ئەبن ، بەڵام ئەو کافرانە بە کەم‌و زۆر لــە بانگ‌کردنەکەیان سوود وەرناگرن •

بێداری ! سەری ئەم ئایەتە مەجازی حەزفی تیایەو ئیمامی رازی‌و بەیضاوی فەرموویانە ، وە موضــاف مەحذووفــە لەسەر میزانی : (واسئل القرية ، وجاء ربك) یەعنی (واسئل اهــل القرية ، وجاء امر ربك) تەقدیری ئێره‌یش : (ومثل داعی الذين كفروا ••• الاية) •

﴿ صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴾ (١٧١)

واتە : ئەو کافرانە کە بانگ‌ئەکرێن بۆ حەق‌پەرستی وەکو کەڕو لاڵ‌و کوێر وانە ، واتە وەکو کەڕ سوود وەرناگرێ لــە گوێچکەی‌و لاڵ سوود وەرناگرێ لەزمانی‌و کوێــر هیچ نابینێ بەچاوی ئەو کافرانەیش سوود لەو مەشاعیرانە وەرناگرن کەوابێ عەقڵی ئیکتیسابییان نیە • یانی ئەو عەقڵە کـــە لە حەواس وەرئەگیرێ لای ئەوان نیە • وە مەعلوومــە ئەگـــەر عەقڵی ئیستیدلال بە مەعقوولاتیشـــیان ببوایە هەر سوودێکیــان لــە ریسالەتی حەزرەت وەرئەگرت • کەوابێ دەربارەی دەعوەتی حەزرەت (د)نە عەقڵی موکتـــەسەب لە حــەواس‌و نــە عەقڵی موکتەسەب لە عەقڵیاتیان نیە •

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِنْ كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ (١٧٢)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوا ! بخــۆن لــەو

خواردەمەنییە باشانە کـــــە ئێمە کردوومانن بە رۆزی ئێوەو سوپاسی خودا بکەن ئەگەر عیبادەتو بەندەیی بۆ خودا ئەکەن •

ئەم ئایەتە وەکو ئایەتی صەدو شەصتو هەشت وایە لـە رەواکردنی خواردەمەنیدا ، بەڵام لەوێ باسی ئەوەیش ئەکا کە خواردەمەنییەکە حەڵاڵیش بێ ، وە ئـــەو صیفەتە لێرەیشـا مەقصوودە ؛ چونکی موطڵەقو موقەیەدەکە یەك ریزن •

وە پاش ئەمە خودا لە ئایەتی صەدو حەفتاو سێدا باسـی خواردەمەنی پیس ئەکا بۆ ئەوە کـــە پاکیش باشتر دەرکەوێ ئەفەرموێت :

﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ﴾ :

واتە : خوای تەعالا حەرامی نەکردووە لەسەر ئێوە ، ئەی موسوڵمانەکان ، ئیللا مردارەوەبوو و خوێنو بەرازو هـــەر سەربڕاوێکی وەها کە لە کاتی سەربڕینەکەیا دەنگ بەرزکرابێتەوە بە ناوی غەیری خودا • واتە باسی ناوی بتەکانیان ، وە یا ناوی خوداو بتەکانیـــان بردبێو ئەمانەیش لەسەر ئـەو کەسانـە حەرامکراون کە ناچار نەبوون بۆ خواردنیان •

﴿ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ ﴾ :

دەی هەرکەس ناچار بووبێ بۆ خواردنی ئەمانە لە حاڵێکا دەس درێژ نەکا بۆ حەقی غەیری خۆی وە لایش نەدا لەو ئەندازەیە کە پێویستە بۆی •

﴿ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ ﴾ :
ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە لە خواردنی ئەوانا ٠
﴿ إِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (١٧٣)
بەڕاستی خودا تاوانپۆشەو میهرەبانە بۆ بەندەکانیو شتی گران ئاسان ئەکا لەسەریان ٠

وە لە ئایەتی (یەك)لە سوورەتی مائیـــدەدا فەرموویەتی (یا أیها الذین آمنوا اوفوا بالعقود احلت لکم بهیمة الانعـــام الا ما یتلی علیکم غیر محلی الصید وانتم حرم ان الله یحکم ما یرید) واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا ! لەسەر خەتی راستی پەیمانی خۆتان بڕۆن بەڕێوە ، وە لە جوملەی پەیمانی خودایە لەگەڵ پێغەمەرا ئەمە کە حەڵاڵ‌کراوە بۆ ئێوە گیانلەبەری بێ‌تەمییز لە وشترو گاو مەڕو بزن ، وە ئەوانەیش کە ئێـــوە بەخێویان ناکەن لە گیانلەبەری کێوی ، ئیللا ئەو گیانلەبەرانەو ئەو خواردەمەنییانە کە ئەخوێنرێنەوە بەسەرتانا لە حاڵێکا رەوا نەدەن بۆ خۆتان نەچێرکردن لەکاتی ئیحرام بەحەج یا بەعومرەدا وە بەڕاستی خودا فەرمان ئەدا بەوەی خواستی لەسەری بێ ٠

وە لە ئایەتی (٣)ی سوورەتی (مائدە)دا بۆ رۆوناککردنەوەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی : (حرمت علیکم المیتة والدم ولحـــم الخنزیر وما اهل لغیر الله بـــه والمنخنقة والموقـــوذة والمتردیة والنطیحة وما اکل السبع ـ الا ما ذکیتم ـ وما ذبح علی النصب ، وان تستقسموا بالازلام ذلکم فسق) واتە : حەرام کراوە لەسەر ئێوە مردارەوەبوو ، وە خوێن ، وە گۆشتی بەراز ، وە هـــەر سەربڕاوێ کە دەنگ بەرزکرابێتەوە لەسەری بۆ غەیری خودا ،

وه هەر حەیوانێ خنکاوبێ یا بە کوتەك کوژرابێ یا لە بەرزییەوە هەڵدێرابێ وە ئەوەی دڕندە خواردبێتی ـ ئیللا ئەوەی لەکاتی ژیانی دامەزراودا بەچەقۆدا بگاو سەری ببڕن ـ وە ئەو حەیوانەی لەسەر بتەکان سەربڕابێ ، وە هەر حەیوانێ گۆشتەکەی لەناو خۆتانا بە(ئەزلام) بەش بکەن ؛ چونکی ئەو نەوعە بەشکردنــە لادانە لەحەق ٠

وە لە ئایەتی (٥)ی سوورەتی مائیدەدا فەرموویەتی : (الیوم احل لکم الطیبات وطعام الذین اوتوا الکتاب حل لکم وطعامکم حل لهم) واتە : ئیمڕۆ حەڵاڵ کرا بۆ ئێوە هەموو خواردەمەنییە پاکەکان ، وە طەعامی ئەو کافرانە کیتابیان پێدراوە حەڵاڵە بۆ ئێوە وە طەعامی ئێوەیش حەڵاڵە بۆ ئەوان ، وە بە حوکمی ئەم ئایەتە گۆشتی حەیوانی سەربڕاوی جولەکەو گاور حەڵاڵە ؛ چونکی لە عورفی ئیسلاما بە کیتابی ئەناسرێن بەڵام گۆشتی سەربڕاوی مەجووسی ناخورێ ؛ چونکی حەزرەت فەرموویەتی : (سنوا بهم سنة اهل الکتاب غیر ناکحی نسائهم ولا آکلی ذبائحهم) واتە : رەفتاریان لەگەڵ بکەن وەکو ئەهلی کیتاب بەڵام ژنیان مارە مەکەن و گۆشتی سەربڕاویان مەخۆن ٠

وە لە ئایەتی (٩٦)ی سوورەتی مائیدەدا فەرموویەتی : (احل لکم صید البحر وطعامه متاعا لکم وللسیارة ، وحرم علیکم صید البر ما دمتم حرما واتقوا الله الذی الیه تحشرون) واتە : حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە نەچیرێ کە هەر لە دەریادا بژیو خواردنی گۆشتی ئەو نەچیرە بۆ ئێوەو بۆ کاروانی ، وە حەرامکــــراوە لەسەرتان نەچیری وشکان مادام لە ئیحرامی حەج یا عومرەدا بن ،

وە خۆتان بپارێزن لەعەزابی ئەو خودایە کـــە بۆ لای ئـەو ئەگەڕێنەوە •

وە لە ئایـــەتی صـەدو نۆزدەی سوورەتی (انعـــام)دا فەرموویەتی : (وما لکم الا تأکلوا مما ذکر اسم الله علیه وقد فصل لکم ما حرم علیکم الا ما اضطررتم علیه) واتە : چیتان بۆ ئەبێ لەوەدا کە نەخۆن لەو حەیوانە سەربڕاوانە کـــە ناوی خودایان لەسەر براوەو خودا بەڕاستی بەیانی کردووە بۆتـــان ئەوەی کە حەرامی کردووە لەسەرتان ئیللا لە کاتی ناچاریو خواردنی حەرامێکا کە ناچار بووبن بۆی !

هەروا لە ئایەتی صەدو بیستی ئەم سوورەتەدا فەرموویەتی: (ولا تأکلوا مما لم یذکر اسم الله علیه وانه لفسق) واتە : مەخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانە سەربڕاوانە کە ناوی خودایان لەســەر نەبراوە ، وە بەڕاستی خواردنی ئەوانە دەرچوونە لە ڕێگەی ئیسلامییەتی • وە لە ئایەتی (١٤٥)ی هەمـــان ســوورەتدا ئەفەرموێ : (او دما مسفوحا) وە لە ئایەتی (١٥٧)ی ئەعرافدا ئەفەرموێ : (ویحل لهم الطیبات ویحرم علیهم الخبائث) واتە : ئەوانەی پەیڕەوی ئەو پێغەمەرە ئەکەن کەوا حەڵاڵ ئەکا بۆ ئەوان خواردنی هەرچی شتێ کە پاکە ، وە حەرام ئەکا لەسەریان ئەو شتانەی کە پیسن •

وا لەم ئایەتە پیرۆزانەدا بەکورتی دەرکەوت هەر گۆشتێ لە طەبیعەتی میانەدا باش‌بێ ئەوە ئەخورێ وە هـــەر گۆشتێ لە طەبیعەتی میانەدا ناپەسەند بێو قیزەون بێ ناخورێ • جا لەم پاكو پیسەدا قابیلە بیروڕای بازێ کەس لەگەڵ بازێ کەســا جیا بێ •

وە ئەوەیش کە دیاری کرابێ بۆ نەخواردن ئەوە حەرامە بە بێ خیلاف • وە لەوانەدا کە دیاری نەکراون بیرو باوەڕی بازێ پێشەوا گەورەکان لەگەڵ بازێکا ناکەوێتە یەك • وەکو لە کتێبە ئایینییەکانا ئەمانە باسکراون ، لەوانـــە : خواردەمەنی گۆشتی حەیوانی سەربڕاوی کیتابییەکان کە جوولەکەو گاورن لەلای ئیمامی ئەبوحەنیفە حەڵاڵن موطڵەقا بە مەرجێ ناوی خودای لەسەر برابێ • وە لەلای ئیمامی شافیعی بەو مەرجە ئەخورێ کە ئەو حەیوان سەربڕە ئەگەر لە ئەولادی حەزرەتی یەعقووب بێ ، سەلامی خوای لەسەربێ ، نەزانرێ بەوە کە یەکێ لە باوكو دایکی لەپاش نەسخی دینەکەی وە یا گۆڕانی ئەو دینە داخڵی ئەو دینە بووبن ، وە ئەگەر لە ئەولادی ئـــەو نەبووبێ ئەبێ بەڕاستی بزانی کە باوكو باپیری ئەو شەخسە داخڵی دینەکـــە بوون لەپێش نەسخبوونەوەی ئەو دینـــەداو لەپێش تەحریفو گۆڕینیا ، وە عیلم بەم وەزعە وەکو مەحاڵ وایە ، کەوابێ گۆشتی حەیوانی سەربڕاوی جوولەکەو گاور لـــەلای ئێمە کە شافیعی مەذهەبین ناخورێ ، مەگەر بە تەقلیدی ئیمامی حەنەفی (خ) • وە بە مەزهەبی ئیامی مالیكو ئیمامی ئەبوحەنیفە (خ) هـــەر حەیوانێ بە عەمدی تەرکی ناوی خودای لەسەر کرابێ حەرامە ؛ چونکی ئەو مەنعە کە لـــە ئایەتەکـــە وەرئەگیرێ لـــەلای ئـــەوان تەحریمە • بەڵام لەلای ئیمامی شافیعی ئەو نەهیە کـــە لەو ئایەتەدایە بۆ کەراهەتەو ئەو حەیوانە کە ناوی خوای لەسـەر نەبراوە ئەخورێ ؛ خواە بە عەمدی تەرکی کردبێ یا بە نیسیان ؛ چونکی گەلێ لە موسوڵمانان هاتنە خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیان کرد : ئێمە لە دەشتەوە گۆشتمان بۆ دێتو نازانین لـــە کاتی

سەربڕینیا ناوی خوایان بردووە یـان نە ! فـەرمووی : ئێـوە ناوی خودای لەسەر ببەنو بیخۆن ٠

وە لە جێگەی بڕینی ملی حەیواندا دوو فەرموودەی حەزرەت ریوایەت کراوە ؛ یەکەم لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە ریوایەت کراوە فەرموویەتی : (ما انهر الدم وذكر اسم الله عليه فكل) واتە : ئەوەی خوێن رەوان ئەکاو ناوی خوای لەسەر ئەبرێ بیخـۆ ٠

دووهەم : لە ئەبوئەمامەوە ریوایەت کراوە فەرموویەتی : (ما فرى الاوداج فكلوا ما لم يكن رض ناب أو نخر ظفر) واتە : ئەو شتەی کە شاڕەگەکانی ملی حەیوان ئەبڕێ لە گۆشتەکەی بخۆن بە مەرجێ کوتانی دان یا کۆڵینی نینۆك نەبێ ٠

جا ئیمامی مالیك لە مەشهووری مەزهەبیا ئەڵێ : پێویستە بڕینی قورقوڕاچگەو هەردوو شاڕەگەکانی ٠ وە لە ریوایەتێکا وتوویە : هەرچواریان یانی دوو شاڕەگەکـەو قورقوڕاچگـەو سووررێچکەی ٠ وە لە ریوایەتێکا بەس بڕینی دوو شاڕەگەکەی ملی ٠

وە لەلای ئیامی ئەبووحەنیفە ئەبێ سێ رەگ لەو چوارە ببڕێ ، خواه دوو شـاڕەگ‌و قورقوڕاچـکە یا شاڕەگێـــك‌و قورقوڕاچکەو سووریچکـە ، یاخـــود دوو شـــاڕەگ‌و سووریچکەکەی ٠

وە لەلای ئیمامی شـافیعی واجبـە هـەر قورقوراچـکەو سووریچکەی بەتەواوی ببڕین ؛ چونکی خوێنی لەش بە بڕینی ئەم دوو رەگە بەتەواوی رەوان ئەبێ‌و زوو بەزوویش حەیوانەکە گیانی دەرئەچێ‌و ئازاری کەم ئەبێ ٠

جا لەبەر ئەوە ئێمە شافیعی مەزهەبین لەسەر ئیجتیهادی ئەو قسە ئەکەینو ئەڵێین ئەوەی گیانلەبەرە سێ بەشە ؛ یا هەر دەریایی یە ، واتە هەر لە ئاوا ئەژیو لە دێما ناژی • وە یا هەر لە وشکیدا ئەژی ، کەوتە ناو ئاوەوە ئەمرێ • وە یاخود لە هەردوو لا ئەژی • جا ئەو حەیوانە کە دەریایی بێ ، واتە لە دێما نەژی ئەوە هەمووی حەلالە • خودا فەرموویەتی : (احل لكم صيد البحر وطعامه متاعا لكم وللسيارة) واتە : حەلاڵکراوە بۆ خواردنی ئێوە ئەو گیانلەبەرە لە دەریادا بێ بۆ رابواردنی ئێوەو کاروانی • وە حەزرەت (د) لەباسی دەریادا فەرموویەتی : (هو الطهور ماؤه الحل ميتته) واتە : دەریا ئاوەکەی شت پاك ئەکاتەوەو مردارەوەبوویشی حەلالە •

وە ئەوەی کە دێمییە هەرکامی مردارەوە بووە حەرامە ، واتە بە یاسای دین سەرنەبڕابێ • هەروا حەیوانی خنکاوو بەقۆچ یا بەکوتەك کوژراو وە یا لەبەرزییەوە هەڵدێراو وە یا حەیوانێ لەکاتی سەربڕینیا ناوی غەیری خودای لەسەربرابێ وە بەراز حەرامەو خوێنی ڕەوان حەرامە • ئەمانە هەموو لە ئایەتی قورئانا هەن •

وە غەیری ئەمانە چەن بەشە :

یەکەم : هەر حەیوانێ کە حەزرەت فەرمانی بە کوشتنی دابێ حەرامە ، بە ریوایەتی ئیبنوعەبباس ، خوایان لێرازی بێ ، فەرموویەتی : (خمس يقتلن في الحل والحرم : الحية ، والفأرة ، والغراب الابقع ، والحدأة ، والكلب العقور) واتە : پێنج حەیوان ئەکوژرێن لە خاکی حەرەمی مەککەو لە غەیری حەرەمی مەککەدا : مارو ، مشكو ، قەلەباچکەو ، کۆللارەو ،

سەگێ بگەزێ • وە لە ریوایەتێکا لەباتی سەگ (عقرب) هەیە • ئەمانە گۆشتیان حەرامە •

وە بە قیاس لەسەر مارو دووپشك هەر حەیوانێ ژاری بێ حەرامە ، وەکو : هەنگو ، مێش‌و ، مێشوولەو ، زەردەواڵەو ، مارمێلکەو ، قومقومەو ، قۆڕیو ، کیسەڵو ، رەقەو ، قرژانگو ، بۆقو ••• وێنەی ئەمانە لە گیانلەبەر •

وە بە قیاس لەسەر مشك هەرچی گیانلەبەری عەرزە وەکو گلخۆرکەو قۆلانچەو رزقو مشکەکوێرەو گۆڕەکەنەو •••وێنەیان حەرامن •

وە بە قیاس لەسەر کۆللارەو قەلەباچکە هەر پەلەوەرێ پیسی بخوات وەکو لەکلەكو سیسارکەکەچەلەو قەلەڕەشە گەورەکان کە دائەپەڕێ بۆ سەر مردارەوەبوو •

بەشی دووەم : هەر حەیوانێ کەڵبەی بەهێزی راوی ببێ وەکو سەگو گورگو ورچو فیلو مەیموونو کەرکەدەنو شێرو پڵنگو بەورو وێزو چەقەڵو پشیلە ••• هەموو ئەمانە حەرامن • وە حەزرەت لە باسی پشیلەدا فەرموویەتی : (الهرة سبع) واتە : پشیلە دڕندەیە • وە فەرموویەتی : (الکلب خبیث خبیث ثمنه) واتە : سەگ پیسە ، وە قیمەتەکەیشی پیسە • یانی فرۆشتنی نیە •

بەشی سێهەم : ئەو پەلەوەرەی کە دەنووکی قولاپی بێ وە چنگاڵی نەچیرگرتنی ببێ حەرامە ، وەکو : بازو شینەشاهۆو هەڵۆو کونەبوو هاووێنەی ئەمانە • بەڵام ئەو حەیوانە کە کەڵبەی بەهێز نیە وەکوو کەمتیارو رێویو دەڵەکو سەگلاوو

سمۆرەو هەر پەلەوەرێ چنگی راوکردنی نەبێ وەکـــو ئەمانە حەلاڵن وە لە مەسئەلەی (کلب الماء)دا خیلاف هەیەو (یافعی)و بازێ تر بیریان لەسەر ئەوەیە ئەخورێ ٠

بەشی چوارەم : حەیوانی چوارپێی خانـــەکی وەکو گاو وشترو مەڕو بزنو ماین هەموو حەلاڵن ، بەڵێ هێسترو کـەری خانەکی حەرامن ٠ جابیر (خ) ریوایەت ئەکا ئەڵێ لە رووداوی (حنین)دا ماینو هێسترو کەرمان سەربڕی جا حەزرەت مەنعی کردین لەگۆشتی کەرو هێستر بەلام لـــە گۆشتی ماین مەنعی نەکردین ٠

بەشی پێنجەم : حەیوانی چوارپێی کێوی وەکو گاو مەڕو بزنو ئاسكو باقی حەیوانی کێو وەکو کەری کێوی ئەمانە هەموو حەلاڵن ٠

بەشی شەشەم : پەلەوەر غەیری ئەوانە کە باسمانکردن چ خانەکی وەکو : مریشكو مراویو قازو قەلەموون ، یا کێـوی وەکو : قازو کەوو پۆڕو قولەنگو کۆترو قەلەڕەشە وردەکانو قەتەو ریشۆلەو چۆلەکە بە هەموو نەوعێکیانەوە حەلاڵن ، وە هەر حەیوانێ کە ناوی دیار نەبێ حوکمی وەکوو هاووێنـــەی خۆی وایە ، وە ئەگەر هاووێنەی نەبوو ئـەوە گەلێ لە ئینسانی خاوەن طەبعی میانە بە باشیان ئـــەزانی گۆشتی ئەخـورێ ، ئەگەرنا ناخورێ ؛ چونکی بە یاسایـــەکی عام هـەرچی لـە خواردەمەنیە پاکەکانە خودا حـەلاڵی کـردووە وە هەرچی لـە پیسەکانە خودا حەرامی کردووە ، کەوابێ ئیختیلاف لە شتێکی نەناسراوا کە حەرامە یا حەلاڵە لە ئیختیلافە لەوەدا کە ئەم شتە لە (طیبات)ە یا لە (خبائث)ە ٠

جا پاش ئەم بەیاناتە خودای تەعالا بە یاسای هەڕەشە لەو زانایانە کە یاسای راست ونئەکەن فەرموویەتی :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلَ اللهُ مِنَ الْكِتَابِ ﴾ :

ئەو کەسانە کە ون ئەکەنو ئەشارنەوە لە خەڵکی ئەوەی خودا ناردوویەتە خوارەوە لە فەرمان ٠

﴿ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً ﴾ :

وە بەرانبەر بە شاردنەوەی ئەوە سوودو نرخێکی دنیایی بێبایەخ وەرئەگرن ٠

﴿ أُولَئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ ﴾ :

ئەوانە ناخۆن پڕ بەسکیان ئیللا ئاگری دۆزەخ ٠

﴿ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ﴾ :

وە خودا قسەیان لەگەڵا ناکا لە رۆژی قیامەتا ٠

﴿ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ ﴾ :

وە تاریفیان ناکا ٠

﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (١٧٤)

وە هەیە بۆیان عەزابێکی ئێشگەیێن بە دڵو گیان ٠

﴿ أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى ﴾:

ئەو کەسانە کە لە بەرابەری ئارەزووی نەفسو ماڵی دنیاوە حەق ئەشارنەوە لە عالەما کەسانێکن ماڵی گومڕاهییان کڕیوە بە نەختی هیدایەتو رووناکی دڵ ٠

﴿ وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ ﴾ :

وە عەزابی دۆزەخیان وەرگرتووە لـــە موقابیلی کەرەمو سەماحەتی خودادا ٠

﴿ فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ ! ﴾ (١٧٥)
زۆر جێگەی تەعەجوبە ! چی ئەوانەی خۆگر کردووە لەسەر ئاگری دۆزەخ ؟

﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ ﴾ :
ئەو عەزابەیان لەبەر ئەوەیە کە خودای تەعالا کتێبی تەوراتی بەحەق رەوانەکردووە کە رەفتاری پێ بکەن و ئەوەی لەوا هەیە نەیشارنەوە کەچی شاردیانەوە ·

﴿ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ ﴾ :
وە ئەو کەسانە کە ئیختیلاف و نیزاعیان هەیە هەستان و باوەڕیان کرد بە بازێ ئایەتی وە ئینکاری بازێکیان کرد ، وە یا مەعناکەیان بە خیلافی حەق دەربڕی ·

﴿ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ ﴾ (١٧٦)
وان لە خیلافێکدا کە زۆر لە حەقەوە دوورە وە تا لەسەر ئەو حاڵە بن نایێنەوە بۆ سەر رێگەی راست ·

کاتێ کیتابییەکان زۆر باسی قیبلەیان ئەکردو دڵی خەڵکیان تێك ئەدا لە ئیسلامییەت خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە فەرمووی :

﴿ لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ ﴾ :
هەموو کارێکی چاك هەر ئەوە نییە کە رووی خۆتان هەڵسووڕێنن بەرەو خۆرهەڵات و خۆرنشین ·

﴿ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ ﴾ :

بەڵام کاری زۆر باش ئیمانو باوەڕی ئەوانەیە کە ئیمانیان هەیە بەخودای عالەمو پەروەردگـــاری جیهـــان بەو شێوە کـــە خودایەکی (واجب الوجود)ەو خالیقی هەموو شتێکەو مەعبوودی هەموو کەسێکەو هەرچی سیفەتێ شیاوی خودایەتییە هەیەتیو لە هەرچی صیفەتی نابارەدووره ، وە بە رۆژی پاشەڕۆژ کە رۆژی قیامەتە ، واتە : باوەڕی وابێ لە پاش مردن زیندوو ئەبنەوەو پرسیاری بیرو باوەڕو کردەوەی چاکەو خراپەیان لێئەکرێ وە هەرکەسێ بە تۆڵەی خۆی ئەگا . وە باوەڕکردنە بە فریشتەکانی خودا بەو شێوە کە پێغەمەر سەلامی خودای لێبێ باسی کردوون ، واتە باوەڕ بەوە کە فریشتەکان ئەجسامی لەطیفەنو لـــە نوور دروستکراونو نێرو مێیان نیە ، بـــەس بـــە فەرمـــانی خـــودا پەیدابوون ، وە هەرکەسێ لەوان پایەو نیشانەیەکی دیاری هەیە ئەو پایەیە لانادا .

(لا یعصون الله ما أمرهم ویفعلون ما یؤمرون) :

وە باوەڕکردنە بەو کتێبانە کە خودا رەوانەی کردوون بۆ پێغەمەران وە کردوویە بە دەستوور بۆ بیرو باوەڕو کردەوەیان ، وە باوەڕی وابێ ئەوانە کەلامی خودان ، وە دوورن لە هەڵەو فەرامۆشیکاری ، وە بە ساغی گەیشتوون بە پێغەمەران ، سەلامی خودایان لەسەربێ ، وە باوەڕکردنە بەو پێغەمەرانە کە خـــودا ناردوونی بۆ تەربییەتی ئادەمیـــزادو باوەڕی وابێ پیـــاونو لەئادەمیزادنو خودا دروستی کردوون بە پاکیو پاککـــرداریو هەڵیبژاردوون لەناو ئادەمیزادا ، وە راستن لـــە وتارا ، وە بێخەیانەتن لە وتارو کردەوەدا ، وە خاوەنهۆشو زیرەکن .

﴿ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ ﴾ :

وه چاکه چاکه‌ی ئه‌و که‌سانه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌و ئیمان‌و باوه‌ڕه‌یان که باسمان‌کرد ماڵی خۆیان بده‌ن ، له‌گه‌ڵ خۆشه‌ویستی ماڵه‌که‌دا ، به خزم‌و خوێشی خۆیان‌و به‌و که‌سانه که له‌به‌ر گه‌دایی داکه‌وتوون‌و به‌و موسافیرانه‌و ڕێڕه‌وانه که بێ‌مه‌سره‌ف ماونه‌ته‌وه‌و به‌و که‌سانه که گه‌دایی‌و نه‌بوونی ناچاری کردوون به داواکردن له خه‌ڵك‌و ماڵی خۆیان ئه‌ده‌ن بۆ ئازادکردنی گه‌ردنی ئاده‌میزاد له به‌نده‌یی ، وه یا بۆ ئازادکردنیان له دیلی‌و گورفتاری ·

﴿ وَأَقَامَ الصَّلَوٰةَ ﴾ :

وه له گه‌ڵ ئه‌م صیفه‌ته باشانه‌دا باسمان‌کردن نوێژه‌که‌ی جێ‌به‌جێ بکا به‌یاسای دین ، وه یا به‌و جۆره که حه‌زره‌ت (د) به‌جێی هێناوه · هه‌تا په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ خودادا به‌هێز ببێ‌و هێزی له‌سه‌ر کرده‌وه‌ی باش زۆربێ به نه‌وعێ واجباتی خۆی به‌جێ‌بێنێ‌و له‌کاری ناهه‌موار خۆی بپارێزێ به‌ده‌وام ·

﴿ وَآتَى الزَّكَاةَ ﴾ :

وه بێجگه له‌و خێرات‌و صه‌ده‌قاته وه له‌و ده‌ست‌و ده‌هه‌نده له گه‌ڵ خزم‌و بێگانه‌دا هه‌یه‌تی زه‌کاتی ماڵی ده‌رکا بیدا به‌خاوه‌ن حه‌قه‌کان ، چی له حه‌یوانات‌و کشت‌وکاڵ‌و پاره‌ی دانراوو بازرگانی‌و گه‌نجی نیهانی ·

﴿ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا ﴾ :

واته خەیر خەیری وەفاکارییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پەیمانیان لەگەڵا کردووە کاتێ پەیمانێکیان بەست ، چی لەگەڵ خوێش چی لەگەڵ بێگانە چی لەگەڵ موسوڵمان چی لەگەڵ کافر ٠

﴿ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ﴾ :

واتە : خێر بریتییە لە خۆگرتنی ئینسان لە کاتی گەدایی‌و نەبوونی‌و قاتەساڵیدا ، وە لەکاتی ناساغی‌و نەخۆشیدا ، وە لەکاتی جەنگ‌و هێزی بەیەکاچوونا ٠

﴿ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴾ (١٧٧)

ئەم نەوعە کارە خێرە خێری بەنرخن‌و ئەم نەوعە کەسانەن کە لەگەڵ خوداو بەندەکانی خودادا راستئەکەن ، وە ئەو کەسانەن کە خاوەن تەقوان‌و پارێزگارن لە کوفرو لەگوناهی گەورەو لە تێکەڵبوون بە کاری تاریکی دنیایی ٠

ئەم ئایەتە گەورەو بەنرخە وا بڕیار دراوە کە هەموو بناغەو فرووعی دین‌و خوو رەوشتی تیایە ، بۆیە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (من عمل بهذه الآیة فقد استکمل الایمان) واتە : هەر موسوڵمانێ رەفتار بکا بەم ئایەتە ئەوە ئیمانی تەواو کردووە بە ئەسڵ‌و فەرعەوە ؛ چونکی کەمالاتی ئینسانییە . لەگەڵ زۆریدا ، لە سێ شتا ئەبڕێتەوە : بیروباوەڕی باش ، وە پوختەکردنی نەفس ، وە رەفتاری باش لەگەڵ عالەما ٠ یەکەم

وا له ئیمانا ، دووهم نوێژی ڕەسا ، سێهەم سەرفی ماڵو بەخشش •

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى : الْحُرُّ بِالْحُرِّ ، وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ ، وَالأُنْثَى بِالأُنْثَى ﴾ :

له بوخاری شەریفا ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە له دوو هۆز له هۆزی عەرەبەکان کە جەنگیان کرد لەناو خۆیانا ئەیانوت : له باتی بەندەیەکمان فلانی کوڕی فلان ئەکوژینو لەباتی جارییەمان فلانە ژنی وا ئەکوژین •

کەوابوو مەبەس لەم ئایەتە ئەمەیە هیچ لایێ لەحەقی خۆیان لانەدەن وە زیادەڕەوی نەکەن ، واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا فەرزکراوە لەسەرتان تۆڵە لەهۆی کوژراوەکانەوە . واتە پێویستە لەسەر بکوژ ملکەچ بکا بۆ ئەوە سەرۆکی موسوڵمانان بیکوژێتەوە له تۆڵەدا ، وە پێویستە بۆ خاوەن حەق له ئەندازەی تۆڵەی خۆی لانەدا • ئادەمیزادی ئازاد له باتی ئادەمیزادی ئازادو بەندە لەباتی بەندەو مێیینە لەباتی مێیینەو لەوە بەولاوە ڕەوا نیە لەئایینی ئیسلاما •

جا مادام ئەم ئایەتە بۆ لابردنی تەجاوزاتی خەڵکی هاتووە له حەق سەندنەوەدا ئیتر ئەوە ناگەیەنێ کە ئازاد له تۆڵەی بەندەدا ناکوژرێتو پیاو له تۆڵەی ژندا ناکوژرێت • وە ئەم حوکمانە حەواڵەی پێشەواکانن بەئەندازەی ئەو دەلیلانە دەستیان کەوتووە ، وە له مەزهەبی ئێمەدا پیاو ئەکوژرێ

لەخوێنی ژنا ، وە ئەگەر دوو سێ پیاو پیاوێکیان کوشت هەموو ئەکوژرێنەوە .

جا ئەم فەرزبوونی قیصاصە بەم مەرجەیە خاوەن حەق بیەوێ قیصاص وەربگرێتەوە ، ئەگەر ویستی عەفووی بکا بەخۆڕایی وەیا لە موقابیلی (دیە)دا واتە لەبەرانبەری ماڵێکی تایبەتیدا ئەتوانێ وەکو خودای تەعالا فەرموویەتی :

﴿ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ ﴾ :

واتە ئەگەر ئادەمیکوژێ عەفوو چاوپۆشی بۆ هات لەلایەنی برای خۆیەوە بە ئەندازەیێ لە عەفو ، واتە هەر حەقی خۆی عەفو بکا ئەگەر حەقدار زۆربن ، وە یاخود هەموو حەقەکە هەر عائیدی ئەو بێ .

﴿ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ﴾:

ئەوە واجبە لەسەر ئەو کەسەی عەفوەکە ئەکا بەپیاوەتیو چاککردەوەیی داوای ئەو ماڵە بکا کە بڕیاری داوە ، وە واجبە لەسەر کابرای پیاوکوژ ئەو ماڵە پێشکەش بکا بەبێ ماتڵکردنو کەمکردنەوە .

﴿ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ ﴾ :

دامەزرانی یاسای چاوپۆشی لە (قیصاص) بارسووککردنە لەلایەنی خوداوەو میهرەبانییە .

﴿ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (١٧٨)

دەی هەرکەسێ تەجاوز بکا لەپاش چاوپۆشی لە قیصاصو وەرگرتنی ماڵەکە ـ واتە ئەگەر کابرای ماڵوەرگر بڕوا کابرا

بکوژێ ، وەیا ماڵدەر ماڵەکە نەدا ـ ئەوە لە لایەنی خوداوە عەزابێکی گرانی تێشکەیەنی هەیە •

﴿ وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ (١٧٩)

واتە بۆ ئێوە هەیە لە دامەزرانی یاسای قیصاصدا ، وەکو باسمانکرد ، حەیاتو زیندەگییەکی گەورەی بەنرخ ئەی خاوەن عەقڵە ساغەکان • جا رجامان وایە خۆتان بپارێزن ؛ چونکی پیاوکوژ لەترسی قیصاص ناوێرێ کەس بکوژێ وا حـەیاتی کوژراوەکە ئەپارێزرێ • وە مادام ئـەو نەکـوژرا ئـەمیش ناکوژرێ لە قیصاصا وا حەیاتی ئەمیش مایەوە • وە لەلایەکی ترەوە کاتێ یاسای قیصاص دامەزرا خەڵك لەبەر طائیفەگەری لەباتی پیاوێ چەن پیاو ناکوژن وا ئەم نەوعە حەیاتەیش هەم دەسکەوت •

وە مانای رجای خۆپارازتنی موسوڵمانەکان لەسـەر دوو شێوەیە ؛ یەکەم : ئەمەیە خـوا رجا ئەکا لـە موسوڵمانەکـان بەگشتیو لەدەسڕۆیشتوەکان بەتایبەتی کـە لەخـوا بترسـنو یارمەتی یاسای دین بدەنو بە هەموو نەوعێ تێکۆشن بۆ لابردنی ئەو بەدکارییە نامەردانە پێشووە ؛ چونکی دیعایە بەزمانو هێزدان بەحەق بە لایەنگرتنی زۆر بە نرخەو ئەبێ بەهۆی دامەزراندنی یاسای قیصاص •

دووەم : ئەمەیە کە ئەم تەقواو خۆپارێزییە وەکو ئەنجامو نەتیجە وابێ بۆ ئەو یاسایە ؛ چونـکی مادام یاسـای قیصاص دامەزرا خەڵك ناوێرن یەکتر بکوژنو هەرکەس بەهێمنی لەماڵی

خۆیا خەریکی دنیاو ژینی خۆیو عیبادەتو دینی خۆی ئەبێو ئەگا بە تەقوا . وە لەلایێ ترەوە کاتێ قیصاص دامەزرا دەرگای فیتنە دائەخرێو موسوڵمانان گیرۆدەی ستەمو تەجاوز لەحەق نابنو بە ئەهلی تەقوا ئەبن ·

﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ ـ إِن تَرَكَ خَيْراً ـ الوَصِيَّةُ لِلوَالِدَيْنِ و الأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقاً عَلَى الْمُتَّقِين ﴾ (١٨٠)

واتە : واجبکراوە لەسەر ئێوە لەکاتی سەرەمەرگا کە مردن بەڕاسەری یەکێ لە ئێوەوە بێ ـ ئەگەر خێرێکی لێ بەجێ ئەما ـ واتە لەوانەبوو لەپاش مردن خێرێ بەجێ بێڵێ ·· واجب کراوە وەصییەت بکا بۆ باوكو دایكو خوێشە نزیکەکانی بەئەندازەیێ کە موافیقی ماڵو حاڵی بێ . وە ئەم وەصییەتمانە بڕیارداوە بە یاسایەکی ئایینی دامەزراو بەسەر ئەو کەسانەوە کە لە خوا ئەترسنو خۆیان لە عەزابی خودا ئەپارێزنو ئەیانەوێ لە ئەهلی تەقوا بن ·

لەم جێگەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە ئایەتی وەصییەتەو لە قورئانا باسی وەصیەت تەنها لەم ئایەتەو لە ئایەتی (من بعد وصية ··· الاية)ی سوورەتی (نساء)و لە ئایەتی (حين الوصية)ی سوورەتی مائیدەدا هەیە ، بەڵام ئەم ئایەتە لە هەموویان ڕەساترە ·

دووهەم : ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە صەدری ئیسلاما بۆ تێکدانی ئادابی جاهیلییەکان لەو کاتەدا ئەو جاهیلانە عادەتیان

وابو لەکاتێکا نزیکی مـردن ئەبوونـەوە وەصییەتیان ئەکـرد بەمیقداریێ لەماڵی خۆیـان بۆ بێگانـە لەبەر خۆبەزلگـرتنو دەمارکردن بەسەر خەڵکدا ، جا خودای تـەعالا ئەم ئایەتـەی نازڵکرد هەتا موسوڵمانەکان نەکـەونە شوێنیانو ئەو جـۆرە وەصیەتە نەکەن بەڵکـوو وەصییەت بۆ بـاوكو دایکیـانو بۆ خزمەنزیکەکانیان بکەن هەتا لەو ماڵە بێبەش نەبن ؛ چونکی لە یاسای جاهیلیەدا ماڵی مردوو هەر کوڕەکانی داگیریان ئەکرد ، وە هەتا بەشی باوكو دایکی مردووەکەیان لێنەئەدا ، وە خودای تەعالا هێنانیەوە بۆ باری موساعەدەو یارمەتی باوكو دایکیانو خزمەنزیکەکانیان لەباتی بێگانەو خەڵکی دوورەپەیوەند • وە ئەم وەزعە دەوامیکرد هەتا عالەمی ئیسلام تەطەووری کرد خوای تەعالا ئایەتی ناردەخوارەوە بۆ بەشکردنی میرات ، جا پێغەمەر (د) بە سواری وشترەکەیەوە فەرمووی : (ان الله قد قسم لکل انسان نصیبه من المیراث فلا تجوز لوارث وصیة) واتە : خوای تەعالا بەڕاستی بەشی هەر ئینسانێکی میراتبەری دا لە مـیرات ئیتر وەصییەت بۆ میراتبەر ڕەوا نیە وەکو لەمەوپێش •

هەروا حەزرەت (د) لە حەجی ئاخری حەیاتیا کە مەشهوورە بە (حجة الوداع) لەناو خوطبەو وتاری ئامۆژگاری ئەصحابەکانا فەرمووی : خوای تەعالا بەشی هەموو خاوەن حەقی دا بە قەی حەقی خۆی ئیتر لەمەولا وەصییەت بۆ واریث نیە •

وە ئەم حەدیثـانە ئوممـەتی ئیسـلام وەریگـرتوونو گەیشتوونەتە پایەی ئەحادیثی موتەواتەرە لەوەدا کـە ببن بـە ناسیخی قورئان ، واتە بۆ ئەو حوکمی وەصییەت بۆباوكو دایكو خزمانە •

وە ئەیشتوانین بڵێین ئەم حەدیثانە ناسیخ نین بۆ ئەو حوکمی وەصییەت بۆ باوك‌و دایك‌و خزمانە بەڵکو ئایەتەکانی سوورەتی (نساء) کە تەواوی میراتی مردوو بەش ئەکەن لەناو میراتبەرەکانا ئەوانە ناسیخن بۆی ؛ چونکە ئیتر ڕێگەی بەشی باوك‌و دایك‌و خزمان نەماوە لەو بەشە زیاتر کە بۆیان بڕیار دراوە ٠ وە ئەو وەصییەتە کە لە ئایەتی میراتا ئەفەرموێت : (من بعد وصية يوصي بها او دين) ئەم وەصییەتی باوك‌و دایك‌و خزمانە نیە ٠ ئەگەرنا بە لامی تەعریفی عەهدوە ئەیفـەرموو : (مـن بعد الوصية التي وصى بها) بەڵکو وەصییەتێکە لەبۆ جیهاتی خێرات‌و صەدەقات کردوویەتی ٠

سێهەم : کەلیمەی (خیر) لەم ئایەتەدا تەفسیرکراوەتەوە بە ماڵی زۆر بەپێی وەزعی ڕۆژی کابرا . واتە لەو کاتەدا کـە ئەو وەصییەتە فەرزکراوە لەسەر کەسێ فەرز بووە کە ماڵی زۆر بووبێ ٠

چوارەم : پاش ئەوە کە ئەو وەصییەتی باوك‌و دایك‌و خزمانە لاچووە وەصییەتکردن لە ئایینی ئیسلاما دوو بەشە ، بەشێکی خێرەو بەشێکی شەڕو تاوانبارییە ٠ لە بەشی یەکەمە وەصییەتێ کە واجبە بۆ یەکێ قەرزار بێ یا ماڵی ئەمانەتی خەڵکی لەلا بێ ، یا قەرزی بەسەر خەڵکەوەبێ‌و ئەگەر باسی نەکا میراتگرەکان نائومێدی ببن ٠ وە وەصییەتێ کە سوننەتە بۆ یەکێ وەصییەت بکا بۆ ڕێگەی ئیحسان وەکو مزگەوت‌و مەدرەسەو فەقیرو هەژارو ئەمانە ٠٠ وە لە بەشی دووهەمە وەصییەت بەتاوان ، وەکو پارە سەرفکردن بۆ درێژەدان بە دوژمنایـــەتی موسوڵمـانان یا بۆ کردەوەیەکی حەرام ، وە یا بۆ هەرکەسێ کابرا بزانێ هەتا ئەو

کەسە ماڵی زۆرتر بێ زیاتر تاوانباری ئەکا • وە ئەمانە هەموو لە کتێبی شەرعدا بەیانکراون •

﴿ فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَ مَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (١٨١)

جا هەرکەسێ ئەو وەصییەتە بگۆڕێ لە شاهیدو وەصییو زۆردار لەپاش ئەوەی کە بیستیو حاڵی بوو ئەوە تاوانی جێنەگرتنی ئەو وەصییەتە لەسەر ئەوانەیە ئەیگۆڕنو خودای تەعالا بەڕاستی هەموو قسەیێ ئەبیسێو بە هەموو شتێ ئەزانێ •

﴿ فَمَنْ خَافَ مِنْ مُوصٍ جَنَفاً أَوْ إِثْماً ﴾ :

وە هەرکەسێ باوەڕی وابێ کە ئەو وەصییەتکەرە لائەدا لە وەصییەتەکەیا بۆ لای تاوانباریو ناحەقڕەوی وە زیاد لەئەندازە ئەو وەصییەتە ئەکا ، یاخود مەبەستی نائومێدبوونو بێبەشبوونی بازێ میراتبەرە بەناحەق •

﴿ فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ ﴾ :

ئەویش کەوتە ناو بەینەوەو ئامۆژگاری کابرای وەصییەتکەری کرد کە بگەڕێتەوە بۆ سەرباری باش ئەوە تاوانی لەسەر نییە ، وە وەها نەزانێ کە تاوانبارە لەبەر ئەوەی نەیهێشتووە ئەو ماڵەزۆرە بدرێ بەو کەسە کە وەصییەتەکەی بۆ ئەکرێ • بەڵکو خێری ئەکات ؛ چونکی مەنعی ئاشووبو فیتنەی کردووە لە موسوڵمانانو میانەی باش کردوون •

﴿ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (١٨٢)

خودا تاوانبەخشەو میهرەبانە •

﴿ يَا أيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذينَ مِنْ قَبْلِكُمْ ﴾ :

ئەی ئەوکەسانەی کە ئیمانو باوەڕتان هەیە بەخودا فەرزکراوە لەسەرتان ڕۆژوو بەیاسای دیاری وەکو فەرزکراوە لەسەر ئەو ئادەمیزادانە کە لەپێش چەرخی ئێوەدا بوون •

﴿ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ (١٨٣)

بەهیوای ئەوە کە خۆتان بپارێزن بەهۆی ئەم عیبادەتە پیرۆزەوە لە عەزابی پەروەردگار •

﴿ أَيَّاماً مَعْدودَاتٍ ﴾ :

ئەو ڕۆژووەیش وا لەچەن ڕۆژێکی هەلژمێراودا ، یاخود ڕۆژووی چەن رژۆێکی هەلژمێراو •

﴿ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَريضاً ﴾ :

جا هەرکەسێ لەئێوە نەخۆش بوو بە نەخۆشینێکی وا ڕۆژووگرتن گران بێ لەسەری بەعادەت •

﴿ أوْ عَلَى سَفَرٍ ﴾ :

یا لەسەر سەفەر بوو بە وەزعێ ڕۆژووگرتن زەحمەت بێ لەسەری وە لە عەینی کاتا ڕۆژووی نەگرت •

﴿ فَعِدَّةٌ مِنْ أيَّامٍ أُخَرَ ﴾ :

ئەوە فەرزە لەسەریان ڕۆژووی ژمارەی ڕۆژانێ کە بەڕۆژوو نەبوون تیایانا •

﴿ وَعَلَى الَّذينَ يُطِيقُونَهُ ﴾ :

وە فەرزە لەسەر ئەو کەسانە کە ساغنو لەشوێنی خۆیانان

بەڵام لەبەر پیریو ناتەواناییی بەخەرجکردنی هەموو تەواناییی نەبێ ناتوانن رۆژوو بگرن •

﴿ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ :

تۆڵەی ئەو رۆژووەی بدا بۆ هەر رۆژێ بە ئەندازەی خواردەمەنی گەدایەك •

﴿ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً ﴾ :

دەی هەرکەسێ بە پیاوەتی خۆی زیاتر لە خواردەمەنی گەدایەك بدات • واتە بەشی دووکەس یازیاتر یا کەمتر لەوە •

﴿ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ ﴾ :

ئەوە سوودی زۆرترە بۆی ؛ چونکی خێر هەتا زۆرتر بێ باشترە •

﴿ وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (١٨٤)

بەڵام رۆژوو گرتنەکەتان باشترە بۆ ئێوەو ئەگەر ئێوە بزانن بەم خێرە تەرکی ناکەن •

جا لەبەر ئەوە ئەو رۆژانە دیاری نەکرابوون خودای تەعالا فەرمووی :

﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرآنُ هُدىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ :

ئەو رۆژانە بریتین لەمانگی رەمەزانی پیرۆز ئەو مانگەی کەوا قورئانی پیرۆزی تیا نازڵکراوە بۆ سەر حەزرەتی محەمەد (د) ، وە حاڵی ئەو قورئانـە وەهایە رێنومـای عاقڵانـە بۆ بیروباوەڕی باشو بۆ کردەوەی چاك ، وە ئەبێ بە شاهیدو دەلیل

لەسەر ئەوەی کە حەزرەتی محەمەد پێغەمەری خودایەو هـــەر وتارێکی دینی هەیە راستە ، وە ئەو قورئانە ئــەبێ بە هۆی شارەزایی هۆشیاران بۆ گەلێ شتی بەنرخ ، وە ئەبێ بە هۆی جیاکردنەوەی راست لە ناڕاستو حەق لە ناحەق ٠

جا پاش ئەم رووناککردنەوەیە هێزی دا بـــە فەرزبوونی رۆژووی رەمەزانو فەرمووی :

﴿ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ﴾ :

دەی هەرکەسێ حازری ئەو مانگی رەمەزانەیە با رۆژووی بگرێ مادام عوزری نەبێ ٠

﴿ وَمَنْ كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ :

وە هەرکەسێ کە نەخۆش بێ . یا لەسەر سەفەر بێ ، وە بەڕۆژوو نەبێ ئەوە لەسەریانە رۆژووی ژمارەی پێشـــوو لە رۆژانی پاش خۆشەوەبوون لە ناســـاغیو پاش تەواوکردنی سەفەرەکەیان ٠

﴿ يُرِيدُ اللهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ ﴾ :

خوای تەعالا خواستی ئاسانی عیبادەتی بۆ ئێوە هەیە ، وە خواستی گرانی نیە بەئێوە ٠

﴿ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ ﴾ :

وە خواستی وایە کە ئێوە ئەو ژمارەیە فەرزکراوە لەسەرتان تەواوی بکەن ٠

﴿ وَلِتُكَبِّرُوا اللهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ ﴾ :

وه خواستی وایه که ته‌کبیری خوا بکه‌ن وه (الله اکبر) بکه‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه که شاره‌زای کردوون بۆ ئـــه‌م عیباده‌ته پیرۆزه‌و یارمه‌تی داون بۆ کردنی ٠

﴿ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (١٨٥)

وه رجا وایه سوپاسی خوای ته‌عالا بکه‌ن له‌سه‌ر نیعمه‌تی ئه‌م عیباده‌ته که هۆی ره‌زای خودایه ، وه له‌سه‌ر ئه‌م ئاسانکردنه‌ی به روخسه‌تدان بۆ ئه‌وانه که عوزریان هه‌یه ٠

له‌م شوێنه‌دا چه‌ن باسێ هه‌یه :

یه‌که‌م : رۆژوو له عورفی شه‌رعدا : بریتییه له خۆگرتن له خواردن‌و خواردنه‌وه‌و بازێ شتی‌تـر له به‌ره‌به‌یانـه‌وه هـه‌تا رۆژئاوابوون به‌و یاسایه که له دینا روونا‌ککراوه‌ته‌وه ٠ وه مه‌رجی واجب‌بوونی رۆژوو له‌ســه‌ر هــه‌رکه‌سێ چــوار شته : ئیسلامییه‌ت ، باڵغ‌بوون ، عه‌قڵ ، ته‌وانایی له‌سه‌ر به‌جێهێنانی ٠ وه واجباتی رۆژوو چوار شته ؛ یه‌که‌م : نییه‌ت‌هێنان له هه‌موو شه‌وی مانگی ره‌مه‌زانا به‌م یاسا : نییه‌تم هه‌یه سبه‌ینێ به‌رۆژوو ئه‌بم رۆژووی فه‌رزی ره‌مه‌زانی ئه‌م ساڵه ٠ دووه‌م : خۆگرتن له خواردن‌و خواردنه‌وه ٠ سێهه‌م : خۆگرتن له جیماع‌کردن ٠ چواره‌م : خۆگرتن له خۆڕشاندنه‌وه ٠ وه ئـــه‌م سێ شته له به‌ره‌به‌یانی هه‌موو رۆژێکه‌وه هه‌تا به‌ته‌واوی رۆژ ئاوا ئه‌بێ ٠

وه ئه‌وانه‌یش رۆژوویـان پێ به‌تاڵ ئه‌بێتـه‌وه نۆ شتن : یه‌که‌م : هه‌رشتێ بگا به بۆشایی عورفی له‌شی ئاده‌میزاد وه‌کو : قوڕگ‌و ، سنگ‌و ، سك‌و ، ریخۆڵه‌و ، میزه‌ڵدان‌و ، ده‌ماخ ٠

دووهەم : شاف‌هەڵگرتن لە پاشەوە یا لەپێشەوە یا هەر شتێ وەکو ئەوەبێ • سێهەم : خۆڕشاندنەوە بە عەمدی • چوارەم گان‌کردن بە عەمدی • پێنجەم : دەرکردنی ئاوی پیاوەتی بەدەستی خۆی یادەستی غەیری خۆی یا بە لکاندنی بە پێستێکەوە • شەشەم : دەرچوونی خوێنی حەیز • حەوتەم : دەرچوونی خوێنی زەیسانی • هەشتەم : شێت‌بوون • نۆهەم : وەرگەڕانەوە لە دین • پەنا بەخوا !•

بەڵام مادام رۆژووی رەمەزان روکنێکە لە پێنج روکنەی ئیسلام وە ئیسلامییەت بەبێ ئەو تەواو نابێ ••• ئەبێ بزانن ئەم ئادابی واجبات‌و سوننەت‌و موبطیلاتی رۆژووە شتێکن کە بەهەموو کەس جێ‌بەجێ‌ئەکرێن • وە ئەتوانێ دووریش بکەوێتەوە لێیان ، ئەگەرنا بەڕاستی پێویستە رۆژوو لەسەر یاسای رۆژووی حەزرەتی پێغەمەر بێ (د) • لە نییەت هێنانەوە : لە ئیخلاصی نییەتا ، وە لە مەشغووڵ‌بوون بە موراقەبەی خوداوە ، واتە وا بزانێ دائیما خودا چاوی لەو کەسەوەیە ، وە لە کەم خواردنا ، یانی ئەوەندە نەخوا ببێ بەبار بەسەریەوەو پەکی بخا لە عیبادەتی شەو یا عیبادەتی رۆژ . وە لەمەنع‌کردنی دڵی لە نییەتی خراپ‌و قەسدی کردەوەی تاوانباری ، وە مەنعی زمانی لە وتاری غەیبەت‌و بوختان‌و درۆکردن‌و جنێودان ، وە مەنعی دەستی بکا لە ئازاردانی خەڵك بە ناحەق ، وە مەنعی دەمی بکا لە خواردنی حەرام •• وە عەلاوەی ئەمانە تێکۆشێ بە قەی حاڵ بەشی داماوو گەدا بداو بەخششی ببێ‌و چێشت‌و نان بدا بەوانە بەڕۆژوون ، وە لەگەڵ ئەمانەشدا دڵی هەمیشە لەخودا بترسێ نەکا خوا رۆژووەکەی لێ‌وەرنەگرێ • ئەم حاڵە کەوتنە شوێنی

پێغەمەرە (د) ، خوا فەرموویەتی : (لقد كان لكم في رسول الله اسوة حسنة) واتە : بەڕاستی بۆ ئێوە بڕیاردراوە کە بکەونە شوێن رەفتارو وتارو بیروباوەڕی پێغەمەر (د) ٠

جا ئەگەر رۆژووی ئینسان بەم شێوە تەواو بێ ئەوە ئینسان ئەکەوێتە بەر ئەو فەرموودە بەرزە کە حەزرەت فەرموویەتی : کەسێ رۆژووی رەمەزان بگرێ لەبەر ئیمانو باوەڕ بەخودا وە ساغ لەبەر خودا لە تاوانەکانی چاوپۆشی ئەکرێ ٠

باسی دووهەم : رۆژوو عیبادەتێکە وە خواپەرستییەکە خوا فەرزی کردووە لەسەر هەموو پێغەمەرێ لە پێغەمەرە پێشووەکانی لەسەر ئوممەتەکەیان لە زەمانی حەزرەتی ئادەمەوە هەتا زەمانی حەزرەتی محمد (د) ؛ چونکی ئەم رۆژووە دەوری بەرزی هەیە لە پێگەیاندنی ئادەمیزادا لە ناحییەی پاککردنـــەوەی نەفسیو پێگەیاندنی بۆ سوودگەیاندن بەخۆیو باقی هاوسەرانی ٠

باسی سێهەم : رۆژووی رەمەزان فەرزکرا لەسەر حەزرەتی محەمەد (د) وە لەسەر ئوممەتەکەی لە مانگی شەعبانا لە ساڵی دووهەمی کۆچیدا ٠ وە لە رەمەزانی ئەو ساڵەوە ئەم واجبە جێبەجێ کراوە ، هەروا جێبەجێ ئەکرێ هەتا قیامەت ٠

باسی چوارەم : حیکمەت لە رۆژوودا گەلێ شتە :

یەکەم : ئادەمیزاد بەهۆی ئەم ریاضەوە بـــەم برسێتیو تینوێتیو خۆگرتن لەئارەزووی نەفسەوە هێـــزی ئارەزووبازی کەم ئەبێو دڵی پاك ئەبێتەوەو رۆحی نوورانی ئەبێو ئیمانو بیروباوەڕی بەهێز ئەبێو زۆرتر لەجاران ســـوود لە جیلوەی رەحمەتی خودا وەرئەگرێو لە خواپەرستی نزیك ئەبێتەوەو لە

کوفرو بێباوەڕی دوور ئەکەوێتەوە ٠ وە ئەم حاڵەتە مەعنای تەقوایە لە کوفرو بێئیمانی ٠

دووهەم لە حیکمەتی ڕۆژوو : ڕۆژووگرتن مەعنای بەگژاچوونی ئارەزووی نەفسە وە هەرکەسێ توانای ئەوەی بوو کە بڕوا بەگژی ئارەزووداو بەرانگاری ببێ ئەتوانێ خوێمەنع بکا لە شوێنکەوتنی غەزەبو باقی صیفاتی ناشیرینی نەفس ، وە دوورئەکەوێتەوە لە کردەوەی ناهەموارو خۆی ئەپارێزێ لە گوناحکردنو تاوانباری ٠ ئەمەیش نەوعێکە لە تەقوا ٠

سێهەم لە حیکمەتەکانی ڕۆژوو : ئینسان کاتێ برسیو تینوو بوو ئاگادار ئەبێ لەحاڵی ئەوانەی کە برسیو تینوونو میهرەبانی ئەجوولێتەوە بۆیانو چاکەیان لەگەڵدا ئەکاو غەمیان ئەخواو بەهۆی ئەم چاکەکردنەوە ئەجرو پاداشی باشی لەلایەنی خوداوە دەستئەکەوێ ، وەکو حەزرەت (د) فەرموویەتی : (فی کل کبد رطبة اجر) واتە : لە چاکەکردن لەگەڵ هەموو خاوەن جگەرێکی تەڕا ئەجرێ هەیەو جەزایەکی گەورەی دەستئەکەوێ ٠ بەم حاڵەتەیش دوورئەکەوێتەوە لە دڵڕەقیو بەدحاڵی لەگەڵ ئادەمیزادا ٠ ئەمەیش نەوعێکە لە تەقوا ٠

چوارەم لە حیکمەتەکانی ڕۆژوو : خوای تەعالا لە دامەزراندنی دینی ئیسلاما ئەوەی ئەوێ کە ئادەمیزاد مەردێکی تەواناو خۆگربێ لە سەرماو گەرمادا لەخۆشیو ناخۆشی لەگەدابیو دارابیدا ٠ بەکورتی ببێ بە ئادەمیزادێکی بەکار وە ئەمەیش دەسنادا بۆ ئینسانێ کە هەمیشە لە نازو نیعمەتا بێ . بەڵکو پێویستە بە مەشقی دامەزران لە سەر زەحمەتو راهاتن بە

نەخواردن‌و نەخواردنەوەو خۆ بە وشك رازی‌كردن • تەماشا ناكەی مندالی دەشتەكی‌و كێوی بەسەر دارو بەردو دڕك‌و دالا رانەكا بەقەطعی بەخۆی نازانێ ، بەلام ئینسانێ كە بەناز پەروەردەبوو بێ ناتوانێ بەشوێنی نابارا بڕوا بەڕێدا • هەر لەبەر راهاتنە لەسەر زەحمەت كە لە جیهانا یاسای مەشق بۆ سوپا دامەزراوەو ئەڕۆنە ناو ئاوو ئاگرو كەندو دڕك‌و هەموو نەوعە گیان‌لەبەرێ ئەخۆن !

وە بە طەبیعەت دینێ وەكو دینی ئیسلام زۆر جیهادو زەحمەت‌كێشانی وا لە رێگادا ئەگەر بە زەحمەت رانەیێ چۆن ئەتوانێ ولاتی بپارێزێ‌و خۆی بباتە ریزی كۆمەلە بەهێزەكانی دنیا ؟

ئێمە كە تەماشای نووسراوی خووو رەوشتی پێغەمەر ئەكەین (د) لە هەموو مانگێكا میقدارێ ـ كەم‌و زۆر ـ بەرۆژوو بووە ، وە هەرگیز تەماشای ئەوەی نەكردووە كە خواردەمەنی خۆش بخوا ؛ چۆنی بۆ هەلكەوتووە قەناعەتی پێ‌كردووە ، وە فەرموویەتی بەسە بۆ ئادەمیزاد چەن تیكەیێ كە هێزی پشتی رابگرێ •

وە ئەصحابەكانیشی لەسەر رەفتاری ئەو رۆیشتوون بەڕێدا ، ئەمەیش لەبەر تابیع بوون بەرەفتاری پێغەمەر (د) هەر نەوعێكە لە تەقوا •

پێنجەم : بەهۆی رۆژووی مانگی رەمەزانەوە ئەگەر لەسەر یاسای واقیعی دین بێ لە ماوەی ئەو مانگەدا گەلێ لەو باری موزاعەفاتی خواردەمەنی قەدیمە لە سكیا ئەفەوتێ‌و میعەدەو

خوێنو لەشی نەوعە ساغیو هێزێ پەیدا ئەکا • بۆیە حەزرەت (د) فەرموویە : بەڕۆژوو بن ساغئەبنەوەو ساغی بۆ لەشـــتان وەرئەگرن • وە بە هەموو ئەم باسانە مانای (لعلکم تتقون) دەرئەکـــەوێ بۆ کـــەسێ ئینصـــافی ببێو بەڕاستی تەماشـــای مەوزووع بکا •

باسی پێنجەم : ئەمەیە نەخۆشی ئینسان هەرچەن لە ئایەتەکەدا بێ مەرجە بەلاّم لەسەر تەماشاکردنی رەفتـــاری حەزرەت (د) دەرئەکەوێ کە ئەبێ لەوانە بێ بەهۆی رۆژووگرتنەوە کابرا ناهەمواری بەسەر حاڵیا بێ • جا ئەگەر گەیشتە پایەی ئەوە کە رۆژووەکە زیان بدا لەساغیو تەندروستی کابرا ئەوە شکاندنی رۆژووەکە ، واتە بەرۆژوو نەبوون ، گەورەترە ، وە ئەگـــەر وانەبوو ئەوە رۆژووگرتن گەورەترە •

وە ماوەی سەفەرێ کە رۆژووی تێداناگیرێ پێویستە شازدە فرسەخ بێ ، یانی ماوەی چلوهەشت میل کە ئەکاتە حەفتاو دوو کیلۆمەتر • یانی ماوەی دوو مەنزڵ بۆ کاروانی ، هەروا پێویستە سەفەرەکەیش حەلاڵ بێ •

لە بوخاریدا ریوایەت ئەکا ئەفەرموێت : ئیبنو عومـــەرو ئیبنو عەبباس (خ) لە سەفەرێکا مەسافەی چوار بەرید بووبێ رۆژوویان نەگرتووە • وە ئەو چوار بەریدە شـــازدە فرسەخە وەکو بەیانمان کرد •

باسی شەشەم : لە تەفسیری قورطوبیدا بەرگی (٢) لاپەڕەی (٢٨٨) ئەفەرموێت : ئەبوداوود ریوایەتی کـــردووە لە ئیبنو

عەبباسەوە کە فەرموویەتی (وعلى الذين يطيقونه) هاتووەتەخوارەوە بۆ حوکمی ژنی سکپڕو شیردەر ٠

وە هەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين) هاتووە بۆ نیشاندانی روخسەت بۆ ژنو پیاوی پیری وا تەوانایان ببێ[1] لەسەر رۆژوو گرتنو بۆیان رەوا کراوە کە بەرۆژوو نەبنو لەباتی هەموو رۆژێ خواردەمەنی گەدایێ بدەن ، وە ژنی حامیلەو شیردەر کاتێ بیمیان ببێ لەخۆیان یا لە منداڵەکەیان ئەتوانن رۆژوو نەگرنو خواردەمەنی بدەن بەگەدا ٠

وە دارەقوطنی هەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) فەرموویەتی ئیجازە دراوە بۆ پیریگەورە بەرۆژوو نەبێ ، وە لەباتی هەموو رۆژێ خواردەمەنی بدا بەمیسکینێو قەزای رۆژووەکەیشی لەسەر نییەو ئیسنادی ئەم ریوایەتە صەحیحە ٠

هەروا ریوایەتکراوە لەئیبنو عەبباسەوە (خ) فەرموویەتی: (وعلى الذين يطيقونه فدية طعام) مەنسووخ نیە ، وە عیبارەتە لە پیاوو ژنی پیر کە ناتوانن بە ئاسانی رۆژوو بگرن لەباتی رۆژووی هەر رۆژێ خواردەمەنی میسکینێ بدەن ٠ وە ئەم ئیسنادەیش صەحیحە ٠

وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە فەرموویەتی بەجاریەیێ کە (ام الولد)ی خۆیبوو . وە حامیلە بوو یا شیری

---

(١) واتە مادام پیربوونو زەعیفن هەرچەن تەوانایان هەیە بەڵام مأذونن فدیە بدەن لەباتی رۆژوو ٠

ئەدا بە مندالّەکەی : تۆ لەوانەی ناتوانن بەرۆژوو بن‌و فیدیەت لەسەرەو قەزات لەسەر نیە • وە ئیسنادی ئەمەیش صەحیحە •

وە لە ریوایەتێکی ترا (ام الولد)ێکی شیری ئەدا بە مندالّ‌و بێ‌تاقەت بوو لەبەر رۆژوو ئەمری پێ‌کــــرد بیشکێنێ‌و قەزای نەکاتەوە • وە ئیسنادی ئەمەیش صەحیحە •

پاش ئەمانە قورطوبی ئەفەرمووێت : مــــن ئەلّێم : وا بە ئەسانیدی صەحیحە لە ئیبن‌و عەبباسەوە سابت بوو کە ئەم ئایەتە مەنسووخ نیەو موحکەمەو ماوەتەوەو نازلّ بووە دەرحەق بەوانە کە وتمان •

لەگەلّ ئەوەدا ریوایەتێ هەیە لە بوخــــاری شەریفــدا لە عایشەوە (خ) کە ئەم ئایەتە وارید بووە لە ئەووەلّی فەرزکردنی رۆژووەوە بۆ ئیختیاری خەلّك لە رۆژوودا وە لە پاشان مەنسووخ بووە بە ئایەتی (شهر رمضان •••) الآیة •

بەلاّم جومهووری زاناکان لەسەر ئەوەن کــە ئــەم ئایەتی (وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين) ثابیتەو مەنسووخ نیەو مەعنای (یطیقونه) ئەوەیە کە بە صەرفی هەموو تاقەتی خۆیان جا ئەتوانن بە رۆژوو بن کە ئەوانەیش ئەو پیرە ناتــەوانانەن بێ‌هێزن ، وە یا ئەو نەخۆشانەن کە چارەیان ناکرێ‌و بە ناساغی ئەمێننەوە تا ئەمرن ، وە دەلیلە لەسەر ئەم مەعنایە قیرائەتی (یطوقونه) لەسەر صیغەی موضاریعی مەجهــــوولی جــەمعی موزەککەری غائیبی بابی تەفعیل • وە قیرائەتی (یتطوقونــە) لەسەر صیغەی موضاریعی بینافاعیلی جەمعی موزەککەری بابی

(تنعتُل) : چونکی مەعنای یەکەم ئەمەیە رۆژووەکە ئەکرێ بەگەردنبەندی ناچاری بۆیان ، وە مەعنای دووەم ئەمەیە کە بەزەحمەتو کولفەت تاقەتی رۆژووەکەیان هەیە ٠

بێجگە لەمانە دانانی وشەی (کتب علیکم) لە ئەووەڵەوە وە جوملەی (وان تصوموا خیر لکم)وە ئایەتی (یرید الله بکم الیسر ولا یرید بکم العسر) هەموو دوورن لە ئیعتیباری نەسخەوە وەکو زاناکان فەرموویانە ٠

بە گوێرەی ئەمانە ئایەتی (شهر رمضان الذی انزل فیه القرآن) هاتووە بۆ رووناککردنەوەی (ایاما معدودات)وە جوملەی (ومن کان منکم مریضا او علی سفر) هاتووە بۆ هێزدان بەحوکمی وجووبی رۆژووی رەمەزان لەسەر موسوڵمانی غەیرە مەعذوور وە جیاکردنەوەی خاوەن عوزرەکان لە وجووبی بەجێهێنانی رۆژوو لەو کاتو ساتانەدا ٠ وە جوملەی (یرید الله بکم الیسر ولا یرید بکم العسر) بۆ تەقریری عوزرە بۆ مەعزوورەکان کە موسافیرو نەخۆشو پیری ناتەوانو ژنی شیردەرو سکپڕو ئەوانەن کە خاوەنی کاری زۆر نارەحەتنو ناچارن کە دەوام بکەن لەسەر کارەکەیان وەکو لەمەولا (انشاء الله) باسیان ئەکەین ٠

باسی حەوتەم : دامەزرانی رۆژووی رەمەزان بەوە ئەبێ کە مانگی شەعبان بە سی(٣٠)رۆژە تەواو ببێ ، وە یاخود پیاوێکی ئازادی خاوەن کردەوەی باش مانگ ببینێو لەلای قازی وڵاتەکەدا شەهادەت بدا بەوە کە چاوی کەوتووە بەمانگ ، وە قازی بڵێت سابیت بوو بەلامەوە چاوپێکەوتنی مانگی یەکشەوەی ئەم

ڕەمەزانە • یاخود بڵێت : وا حوکمم کرد بەهـــاتنی مانــگی ڕەمەزانی ئەمساڵ ، وە ئەم حوکمکردنەیش پێویست نیە بەنیزاع‌و دەعوا • وەکو لە کتێبی توحفـــەدا شێخی ئیبن‌وحەجـــەر (خ) فەرموویەتی • وەکاتێ چاوپێکەوتنی هیلالی رەمەزان لە شوێنێکا سابیت بوو ئەو حوکمە سیرایەت ئەکا بۆ ئەو وڵاتانە کە لەگەڵ ئەو شوێنەدا هاومەطلەعن ، واتــە بەیەکــەوە مانگیــان تێــدا دەرئەکەوێ ، وە ئەو وڵاتانە کە هاومیزانن وەکو لە توحفـــەدا ئەفەرموێت پێویستە ماوەیان لەخۆرهەڵات‌و خۆرنشیندا لە (٢٤) فەرسەخ یانی حەفتاو دوو میل ــ کە ئەکاتـــە صەدو هەشت کیلۆمەتر ــ کەمتر نەبێ •

لەگەڵ ئەوەیشدا لە (بغیة)دا نەقڵ ئەکا ئەفەرموێت : دوو شار کە ماوەیان لە هەشت دەرەجەی فەلەکی کەمتر بێ ، یانی ماوەی نیوسەعات طولووع‌و غورووبیان کەمتر بێ قەت ئیختیلافی واقیعی لە مەطلەعیانا نابێ ، وە ئەگەر لە یەکێکیانــدا مانگ ببینرێ‌و لەوی تردا نەبینرێ ئەوە هۆی بازێ ڕوویداوە ، وەکو تۆزو گەردی کەناری ئاسمان ، وە یا شوێن‌نەزانین ، وە یا هەر لەبەر ئیهمال‌و موبالاتنەکردنە بۆ تەماشاکردنی مانگی تازە ، ئەگەرنا لەپێش وادەدا جاڕ بدرێ بەناو خەڵکا بۆ تەماشاکردنی مانگ بەتایبەتی ، ئەگەر خۆ ئیکرامییەت بدرێ بەوەی لە پێشا مانگی چاوپێئەکەوێ مانگ ئەدۆزنەوە •

وە پێویستە بزانن لەناو چوار ئیمامە موجتەهیدەکانا (خ) تەنها ئیمامی شافیعی (خ) ئیعتیبار بە ئیختیلافی مەطالیع ئەکاو ئەفەرموێت ڕۆژوو عیبادەتێکی زەمانییە وەکو نوێژ ، دەی هەر

وەکو چۆن لە پاکستانا نوێژی سبەینێ دادێو لە عیراقدا پاش ماوەیێ نوێژ ئەبێ رۆژوویش کـــە بەسراوە بە چاوپێکەوتنی مانگەوە وەهایە ؛ رێئەکەوێ لە ولاتێکدا ئەبینرێو لە ولاتێکی کەدا نابینرێ وە زورمەی ئەمە وایە کاتێ لە ولاتی خۆرهەلاتا ببینرێ لە ولاتی خۆرنشـــیندا ئەبینرێ بـەبێ عـەکس • وە واقیعەکەی (کریب) (خ) کە لە مەدینەوە رۆیشت بۆ شـام وە هاتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە وە لـەلای ئیبن‌وعەبباس باسی دیتنی مانگی کرد لە شامدا وە ئیبن‌وعەبباس موبالاتی پێ‌نەکرد ئەبرێتە سەر ئەم یاسایە ؛ چونکی شام غەربییە بە نیسبەت بۆ خەتی مەدینەی مونەووەرە ، قابیلە لەوێ مانگ ببینرێ نە لە مەدینەدا •

بەلام ئیمامی ئەبوحەنیفەو مالیکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئیعتیباریان نەکردووە بە ئیختیلافی مەطالیعو فەرموویانە لـە هەر ولاتێ ، شەرقی یاغەربی ، مانگ ببینرێو بە رێگەی شەرعی سابت ببێ واجب ئەبێ هەموو موسولمانێ لە هەموو ولاتێکـدا بەرۆژوو بێو لەهەر ولاتێکدا جـــەژن دابێ واجبـە هـەموو موسولمانان جەژن بکەنو رۆژووگرتنو شکاندنی یەك‌ئەگرن لە هەموو ولاتەکانا •

گەلێ جار هەلئەکەوێ کە قازی لە شاری بەغدادا ئیعلانی ئەوە ئەکا کە سابت بووە لەلام هیلالی مانگی رەمەزانی ئیمسالْ ، بەلام خەلکی ولاتی شیمال یا جەنووبی بەغدا مانگیان نەدیوەو حوکمی قازی بەغداد لەلایان دوورە لە راستییەوە ! ئەم نەوعە گومانە راست نیە ؛ چونکی قازی ئیعلان ئەکا کە خەلك بگەرێن بۆ مانگو زۆر نزیکە لە کەرکوکا یا لە موصلدا یا لە یەکێ

له دێهاتی ئەترافا مانگیان دیبێو ئەم ولآتانە بەڕاستی مەتلەعیان موختەلیف نیە : چونکی . وەکو وتمان . ئەو قسەیە کە ئەڵێین بە صەدو هەشت کیلۆمەتـــر ئیختیلافی مەتلەع ئـەبێ ئیعتیراضی لێگیراوەو لای موحەقیقین بە هەشت دەرەجەی فەلەکی کەمتر ئیختیلافی مەتلەع نابێ کەوابێ تابیع بوون بەحـوکمی قازی بەغدا لەم صوورەتەدا رەوایەو شتێکی شەرعییە •

وە ئەگەر زانیمان کە حوکمی قازی لەســەر موخابەرەی ولآتانی دوور بووە ئەمجار بۆ ئەو شارانە کە وان لە ئیدارەی موحافیظو قایمقامو مودیرناحیەدا ئەگەر تەقلیدی قەولی یەکێ لە سێ ئیمامەکە ـ بەتایبەتی ئیمامی ئەبوحنیفە ـ بکەن لەوەدا کە ئیختیلافی مەطالیع تەئثیری نیە لە داهاتنی فەرزی رۆژووو چەژنکردنا گەلێ باشە : چونکی ئێمە باوەڕمان وایە ئەو ئیمامانە هەموو موجتەهیدنو خاوەنپایەن لە دینی ئیسلاماو تەقلیدیان دروستە •

باسی هەشتەم : لە هاتنەخوارەوەی قورئان لە مانگی رەمەزانا دوو قسە هەیە : یەکەم ئەمەیە : هەموو قورئان لە (ليلة القدر)دا لە (لوح المحفوظ)ەوە هاتووەتە خوار بۆ شوێنێکی تایبەتی لە ئاسمانی یەکەمدا کە مەشهوورە بە (بيت العزة) وە لەپاشان بە بەشبەش لەسەر پێویست نازڵبووە بۆ سەر فەخری عالـــەم (د) • دووهەم ئەمەیە : دەستکردن بەهاتنەخوارەوەی قورئـان لەو شەوەدا لە واقیعا یەکەمجار چەنئایەتێ لە قورئان نازڵ بووە بۆ سەر پێغەمەر (د) کە بریتین لە ئایەتەکانی ئەووەڵی سوورەتی (علق) •

وه له دیاریکردنی شـەوی نازڵبـوونی قورئانا گـــەلێ ریوایەت هەیه ، لەلای ئیمامی شافیعی (خ) له شـەوی (٢١)ی ڕەمەزانا بووه ٠

باسی نۆهەم : خودای تەعالا مانگی ڕەمەزانی کردووه بـه کات بۆ رۆژوو کە روکنێکه له ئەرکانی ئیسلام ، وه هێزی دا به پیرۆزی مانگی ڕەمەزانیش بەوه کە قـورئانی پـیرۆزی تێـدا نازڵکردووه ٠

وه له واقیعدا ئەم تەئییده زۆر مەعقوولو بەجێیه : چونکی چاکترینی کیتاب ئەوەیه ڕاستو باوەڕپێکراو بێ ، وه لەگەڵ ئەمەیشا دەستووری هەموو یاسای بیرو باوەڕی باشو کردەوەی باشو ئەخلاقو خووو ڕەوشتی باشی تێدابێ ٠ وه بێجگه لەمانه ئەو کیتابه بۆ هەموو چەرخێ سوودی دینیو دونیایی لێوەربگیرێ، وه قورئانی پیرۆز دارای ئەم شتانەیه ٠

یەکەم ئیعجازەکەی دەلیله لەسەر ئەوه ئەم کەلامه کەلامی خودایەو وتراوی غەیری ئەو نیه وه ڕاسته ٠ وه ئیعجازەکەی سابته بەگەلێ دەلیل ، لەو دەلیلانەیه کەس نەیتوانیوه موعارەضەی بکاو وتارێك لەسەر وێنەی ئەو بڵێ ٠ وه لەو دەلیلانەیه جیاوازی شێوەی داڕشتنی له شێوەی داڕشتنیو تاری ئادەمیزاد ٠وەلەوانەیه ئیخبارداني بەگەلێ ئوموورى پەنامـــەکی ڕابوردووو گـەلێ پەنامەکی داهاتوو کە بەڕاستی وادەرچوون ٠ وه لەو دەلیلانەیه کە پڕه له نیکتەی وردی بەلاغەو بەرزی وتار بە نەوعێ کە زانا سەری سوڕئەمێنێ لەوانه ٠ وه لەو دەلیلانەیه کە لەگەڵ ئەو هەموو نوکتە جوانە تیایا هەیە درۆی تێدا نیەو بەدرۆ نەڕازاوەتەوه ٠

وە لەو دەلیلانەیە ئەو باسانە لە قورئانا هەیە لە کاتی نازڵبوونیا عەقڵی مەخلووقی (جزیرة العرب) بەڵکو مەخلووقی وڵاتانی تری پێ نەگەیشتووە ئیستەیش خەڵك ماندوون لەکەشفی ئەسراری قورئانو هەتا زانستی بەرزبێتەوە قورئان بەرزتر دەرئەکەوێ لای زاناکان •

وە لەو دەلیلانەیە کەقورئان لەگەڵ ئەو هەموو باسانەدا کە باسی کردوون بە قەطعی دوورە لە خۆپەرستیو گەلپەرستیو فیزو دەمارو میقیاسی ئادەمیزادی کردووە بە بیروباوەڕی باشو کردەوەی باش • وە لەو دەلیلانەیە ئەو تەئثیرە تایبەتییە کە هەیەتی لە دڵی کەسێکدا تێبگاو دڵی دووربێ لە عەنادو بەرانبەرکێ • ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کە قورئان راستو باوەڕپێکراوە •

وە دووهەم : سابتە بەتەماشاکردنی ئایەتەکانی کەباسی ئوصوولو کوللییاتی هەموو بابەتێکی کردووە ، وە ئەوەی کە بە ئاشکرا تێدانیە حەواڵەی کردووە بەبیرو زانستی زانا بەرزەکان لەهەر زەمانێکدا •

سێهەم : ئەگەر بەئینساف تەماشابکرێ ئەوەی کە سوودێکی پاك لە زیانی هەبێ قورئان رەوای داوە بۆ ئادەمیزاد ، وە ئەوە کە زیانی هەبێ مەنعی کردووەو ئەمەیش بۆ هەموو چەرخێ بەکاردێ •

باسیدەهەم : بزانن کە نوێژی تەراویح سوننەتە لە پاش نوێژی عیشا لە مانگی رەمەزانا • ریوایەتکراوە لە ئەبوهورەیرەوە (خ) ئەیفەرموو حەزرەت (د) تەرغیبی ئەصحابەکانی ئەدا لە قیامی رەمەزانا (واتە لەنوێژی سوونەتی

شەوەکانیا) بەبێ ئەوە کـــە بەهێز فەرمانیان پێ بـدا • وە حەزرەت ئەیفەرموو کەسێ قیامی رەمـــەزان جێ بەجێ بکا بە ئیمان و باوەڕەوە لـەبەر رەزای خودا گوناهـەکانی لەوەوپێشی عەفو ئەکرێ بۆی • جا بازێ لە زاناکان فەرموویانە گوناهی گەورەو بچووك ، وە بازێکیـــان فەرموویانـە هـەر گوناهـە بچووکەکانی •

وە ریوایەتکراوە لە عائیشەوە (خ) فەرمووی حەزرەت (د) شەوێ[1] لە شەوەکانی رەمەزان دەرچوو لەماڵ بۆ مزگەوت وە لە مزگەوتا نوێژی کردو ئەصحابەکـــان بە نوێژەکـەی ئـەو نوێژیان ئەکرد (واتە ئیقتیدایان پێ ئەکرد) جا کاتێ رۆژبووەوە خەڵك ئەم وەزعەیان گێڕایەوە ، وە خەڵك زۆر گردەوەبوون بۆ شەوی دووەم • وە بۆ سبەینێ ئەم باسە بڵاوەبوو ، وە بۆ شەوی سێهەم خەڵك زۆر گردەوەبوون و نوێژیان کرد لەگەڵ حەزرەتا (د) ، وە لە شەوی چوارەما ئەوەندە ئەصحابە گـــردەوەبوون مزگەوت نەیئەگرتن ، وە حەزرەت (د) لەم شەوەدا دەرنەچوو بۆ مزگەوت هەتا نوێژی سبەینێ دەرچـــوو بۆ ناویـــان و نوێـــژی سبەینێی بۆ کردن • جا رووی تێکردن و حەمدو سەنای خوادی کردو فەرمووی : من ئاگادار بووم لە هاتنی ئێوە بۆ مزگەوت بـەڵام دەرنەچووم بۆ ناوتان لـە تـرسی ئەوە کە ئـەو نوێژە فەرزبکرێ لەسەرتان و ئێوەیش نەتوانن بیکەن ئیتر تا حەزرەت وەفاتی کرد هەرکەس بۆ خۆی بەئارەزوو چەنـدێ ئارەزووی لێ ئەبوو نوێژی تەراویحی ئەکرد •

---

(١) لە ریوایەتی ئەبوزەڕڕا ئـەم شـــەوە بیســتوسێ رەمەزان بوو •

لە ئەبووزەڕڕی غەفارییەوە ریوایەتکراوە ئەڵێ : ڕۆژووی ڕەمەزانمان گرت لەگەڵ حەزرەتا (د) وە لە هیچ شـــەوێ لە شەوەکانیا لەگەڵمانا نوێژی نەکرد هەتا کاتێ حـــەوت ڕۆژی لە ڕەمەزان مابوو حەزرەت هەستا هاتە ناومان نوێژی کـــردو نوێژمان لەگەڵدا کرد هەتا سێیەکی شەو ڕۆیشت ، وە لە شەوی بیستو چواری مانگا هەڵنەستا وە لە شـــەوی بیستو پێنجـدا هەستا نوێژی کرد لەگەڵمانا هەتا نیـــوەی شەو ، جـا وتم ، یارەسولەڵڵا خۆزگا تا ئاخری شەو هەر نوێژت بکردایێ پیمان ! فەرمووی : ئینسان کاتێ نوێژی کرد لەگەڵ ئیماما هەتا ئیمام ئەڕواتەوە بۆ جێگەی خۆی ئەوە نوێژی هەموو ئەو شەوەی بۆ حسێب ئەکرێ • جا لە شەوی بیستو حەوتی مانگدا حەزرەت عائیلەو ئەهلی خۆی گردکردەوە وە خەڵك گردبوونـــەوەو لـە مزگەوتا نوێژی پێ‌کردن هەتا ترسی ئەوەمـــان پەیداکرد کـە پارشێومان بۆ نەکرێ ئیتر لە باقی شەوەکانا نەهاتەدەرەوە • ئەم حەدیسە ئەصحابی سونەن ریوایەتیان کردووە بە سەنەدی صەحیح •

وە ریوایەت کـــراوە لـــە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی قـــارەوە ئەڵێ دەرچووم لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب بۆ مزگـــەوت لە شەوێ لە شەوەکانی ڕەمەزانا تەماشای کرد خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵ نوێژی تەراویح ئەکەن ــ واتە لەچەن شوێنـــەوە جـەماعـەت ئەکەن ــ وابوو بازێ کەس بە تەنیا نوێژی ئەکـــرد وە بازێ بەجەماعەت وە حەزرەتی عومەر فەرمووی : ئەگـــەر ئـەمانە گردبکەینەوە لە پشتی یەك ئیمامەوە باشترە ! پاش ئەوە پیاوەکانی گردکردەوە لەسەر ئیقتیدا بە (أبی) کوڕی کەعب جا شەوێکی

تر رۆیشتینەوە بۆ مزگەوت تەماشای کـــرد ئەصحابەکـان بە جەماعەت لە پشتی ابی کوری کەعبەوە نوێژ ئەکەن فەرمووی : چاككردەوەیەكی تازەدامەزراوە ئەم شێوە نوێژە ، وە ناوبردنی بە شێوەی تازەدامەزراو لەبەر ئەوەیە کـــە لە پاش ئیقتیدای ئەصحابە بەحەزرەت ئەم شێوە نەبووە ، ئەگەرنا دیارییە کـە نوێژی تەراویح جەماعەتەکەی لەلایەنی حەزرەتەوە کـــراوەو سوننەتەو هەرکەس بڵێ ئەمە سوننەت نیە ئەوە نەزانە ·

وە لە ریوایەتی باوەڕپێکراوا سابتبووە کە حەزرەتی عومەر (خ) لەساڵی چواردەی هیجریدا شەوێ دەرچوو بۆ مزگـــەوت تەماشای کرد ئەصحابەکان نوێژی تەراویح ئەکەن بەڵام بازێ کەس بۆ خۆی بەتەنیاو بازێ کەس بەئیقتیدا بەئیمامێ لەگەڵ چەن کەسێکا ئەویش ئەصحابەکانی گردەوەکردو راوێژی لەگەڵ کردن بۆ ئەوە ئەم نوێژە بکەن بەیەك جەماعەت ئەوانیش موافقەیان کردو بوو بە (ئیجماع) ·

کەوابوو بێ شوبهە لەدنیا دامەزراو (ابی) کوڕی کەعبی کرد بە ئیمام بۆ پیاوان ؛ چونکی لەناو ئەصحابەکانا زۆر قاریء بوو قورئانی هەموو لە زەمانی حەزرەتا لەبـــەر کردبوو ، وە تەمیمی داری یا سولەیمانی کوڕی ئەبوحەشمەی کرد بەئیمام بۆ ژنان ، وە ئەم نوێژی تەراویحە لـــەناو ئەصحابەکانا زۆر خۆشەویست بوو وە هەموویان پێی رازی بوون ، حەتا حەزرەتی عوسمان دۆعای کرد بۆ حەزرەتی عومەرو فەرمـووی : خـودا قەبری عومەر نوورانی بکا وەکوو مزگەوتەکانی نوورانی کرد بەم نوێژە ·

ئەمما ژمارەی نوێژی تەراویح : ئەوە مەعلوومە کە حەزرەت (د) هەشت رکاتی کردووە لەمزگەوتا لەناو ئەصحابەکانا ، وە (بەرماوی) ریوایەت ئەکا لە عایشەوە (خ) کە حەزرەت ئــەو تەراویحەی لەماڵی خۆی کردووە هەتا وەفاتی کردووە ، وە ئەگەر دەلیلیان نەبوایە لەسەر ئەوە کە بیست رکــاتی تەواوکردووە ئەصحابەکان لەسەر ئەم بیست رکاتە رێك نەئەکەوتن • زیــاد لەوە ئێمە کە تەماشای ریوایەتی ئەبوزەڕ ئەکەین کە حەزرەت ئەوەندە مایەوە لە مزگەوتا لەسەر نوێژکردن هەتا ترسی ئەوەمان بوو فریای پارشێو نەکەوین •• بۆمان دەرئەکەوێ کە درێژەدان بەنوێژ لە شەوانی رەمەزانا زۆر مەقسوودە •

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە (خ) فەرموویەتی : خودای تەعالا رۆژووی رەمەزانی فەرزکردووە لەســـەرتان وە منیش شەونوێژەکەم بۆ کردوون بە یاسای دین • بەم پێیە ئینسان ئەگەر هەر لەپاش نوێژی عیشاوە تا تولووعی ســـوبح نوێژ بکا لــە قانوونی سوننەتی نوێژی شەوی رەمەزان دەرناچێ •

وە ئەم نوێژی تەراویحە زۆر خێردو کردنەکەی سوننەتی پێغەمەرەو ئەصحابەکان ئیتیفاقیان کردووە لەسەر ئەم عیبادەتە ، وە لە هەموو شارو دێهاتی ئیسلاما تا ئیمڕۆ رەفتاریان پێ کردووە، وە پێویستە ئێمەیش بە رێگەی ئەوانا بڕۆین بەڕێدا (انشاء الله تعالى) •

باسی یازدەهەم : وتمان سەفەری رۆژوو ئەشکێنێ وە لــە پاش سەفەرەکەی ، لە غەیری رەمەزانا قەزای رۆژووەکــەی ئەکاتەوە ، هەروا نەخۆش کە نەخۆشینی دەوامدار نەبێ ، وە

ئەمانە کەفارەتیان لەسەر نیــــە ، بەڵام نەخۆش بە نەخۆشینی دەوامدار ئەوە بەس فیدیەی لەسەرەو قـــەزای نیە ؛ چونکی عوزرەکەی دەوامدارە ، وە ژنی عوزردار بە حەیزو زەیسانی ئەویش نابێ بەڕۆژوو بێ وە لەپاش عوزرەکەی قەزای ئەکاتەوە، وە ژنی شیردەرو سکپڕ ئەگەر ترسیان لە منداڵەکەیان بوو ئەوە قەزایشیان لەسەرەو ئەبێ فیدیەیش بدەن · وە پیاوو ژنی پیر بەس فیدیەیان لەسەرە ؛ چونکی تەوانای قـــەزایان نیە ، وە هەرکەسێ قەرزاری رۆژووی رەمەزان بێ وە قەزای نەکاتەوە تا رەمەزانی داهاتوو ئەوە قەزای رۆژووەکەی لەسەرەو بۆ هەموو رۆژێکیش تەعامی میسکینێکی لەسەرە ، واجبە بیدا ، وە ئەگەر موەفەق نەبوو لەسەر قەزای رۆژووەکەی تا مرد ئەوە مادام ماڵی هەبێ دروستە لەباتی هەر رۆژێ تەعامی میسکینێ بدرێ لـــە کەفارەتی ئەو رۆژووە فەوتاوەدا هەروا دروستە رۆژووەکەیشی بۆ بگێڕنەوە ، خواە لەلایەنی خزمی خۆیەوە یا لەلای بێگانەوە ·

وە ئەگەر کەسێ رۆژووی بە جیماع شکاند ئەوە رۆژووەکەی بەتاڵ ئەبێتەوەو واجبە قەزای ئەو رۆژووە بکاتەوە،وە کەفارەتیشی ئەکەوێتە سەر کە عیبارەتە ئیمڕۆ لە رۆژووی دوو مانگ لەسەر یەك ، وە ئەگەر گیرۆدەی دەردی وابوو نەیتوانی بەڕۆژوو بێ واجبە خواردنی شەصت میسکین بدا هەر میسکینێ (موددێ) ·

باسی دوازدەهەم : جوملەی (ولتکبروا الله علی ما هداکم) تەرغیبە بە (الله اکبر) کردن لەپاش تەواوکـــردنی ژمارەی رۆژووەکانی رەمەزان وە ئەم تەکبیرە لە مەزهـــەبی شافیعیدا سوننەتە وە لەپاش غورووبە لە شەوی جەژنا ؛ چونکی خـــودا

ئەفەرموێت : (ولتكملوا العدة ولتكبروا الله على ما هداكم)، وە دەوام ئەکا هەتا ئیمام دەس ئەکا بە نوێژی جەژن پاش ئەوە ئیتر ئەبڕێتەوە ٠

وە لەپاش ئەوە کە ڕۆژ بەقەی ڕمێ بەرزەوە بوو ئیمامو مەئمووم نوێژی جەژن ئەکەن دوو ڕکات : لە ڕکاتی یەکەما لە پاش (الله اكبر)ی نییەتهێنان حەوت (الله اكبر) ئەکەن وە لە بەینیانا ئەڵێن (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اكبر) ، وە لە ڕکاتی دووەما لە پاش (الله اكبر)ی هەستانەوە لە سوجدە پێنج جار (الله اكبر) ئەکەن ، وە لە پاش سەلامدانەوەی ئیمام سوننەتە کە دوو خوتبە بخوێنێتەوە لە ئەووەڵی خوتبەی یەکەمەوە نۆ جار وە لە ئەووەڵی خوتبەی دووەمەوە حەوت جار (الله اكبر) بکاو لە خوتبەدا ئادابی سەرفیترە بەیانبکا ٠

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴾ :

ئەی پێغەمەری من ! کاتێ بەندەکانم پرسیار بکەن لەتۆ ، ئایا من نزیکم لەوانەوە یا دوورم تۆ پێیان بفەرموو : بەڕاستی من نزیکم لەوانەوە . ئاگام لە هەموویانە : لە حاڵیان ، لە ڕازو نیازی دڵیان . وە هەموو شتێکم پێ ئەکرێ بۆیان ٠

﴿ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾ :

دۆعاو سکاڵاو لاڵەو پاڵەی دۆعاکەر وەڵام ئەدەمەوە کاتێ لێمپاڕایەوە ٠

﴿ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي ﴾ :

دەبا ئەوانیش بە فەرمانی من بکەن ٠

﴿ وَلْيُؤْمِنُوا بِي ﴾ :
با ئیمانو باوەڕیان بە من ببێ ٠
﴿ لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴾ (١٨٦)

رجا وایە بەو فەرمانبەرداریيەو بەو ئیمانو باوەڕە رێگەی مەبەستی راستی خۆیان بگرن ، وە مادام رێگەی راستیان گـرت ئەگەن بە ئامانجی خۆیان ٠

لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەوە چەن شتێ وتراوە :

ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ)کە جوولەکەکـان وتیان : ئەی محەمەد خوا چلۆن دۆعای ئێمە ئەبیسێ ، وە تۆ ئەڵێیت بەینی عەرزو ئاسمانەکان ئەوەندە ئەوەندەیە ؟ جا ئـەم ئایەتە هاتەخوارەوە ٠

وە حەسەن فەرموویەتی : کۆمەڵێ هاتن وتیان : ئایا خودا نزیکە قسەی لەگەڵدا بکەین وە یا دوورە بانگی لێ بکەین ؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو٠٠وە بازێ شتی غەیری ئەمانەیش وتراوە ٠

وە موناسەبەی لەگەڵ شوێنەکەدا ئیشارەتە بۆ لای ئەوە کاتێ کە بەندەکانم رۆژووی رەمەزانیان گرت کاتی ئەوە دادێت کە من جەزایان بدەمەوە دۆعایان قەبووڵ بکەم ، وە من نزیکم لەوانەوە جا با داوای مەبەستی خۆیان بکەن هەتا لێیان قەبووڵ بکەم ٠

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : واریدبووە کە دۆعاو پارانەوە لەخودای تەعـالا مۆخی عیبادەتە ، وە هەرکەس بەسۆزی دڵ لـــە خـودای خۆی پاڕایەوە مەعنای ئەوەیە خودای خـــۆی بەڕاستی خۆش ئەوێو پاڕانەوەکەی بە عیبادەت بۆ ئەنووسرێ ٠

دووەم : هەرچەن لە ئایەتەکەدا باسی قەیدو شەرت نەکراوە بەڵام لە فەرموودەی حەزرەتەوە (د) دەرئەکەوێ کە دۆعای راست چەن مەرجێکی هەیە :

مەرجی یەکەم : ئەوەیە ئەو کەسە دۆعا ئەکا لەناو حەراما نەبێ ، خواردنو خواردنەوەی حەرام نەبێ • وەکو ریوایەتکراوە لە حەزرەتەوە (د) بازەکەسێ درێژە ئەدا بەسەفەرو تۆزاویو تووکن ئەبێو دەستەکانی بەرزئەکاتەوە بۆ لای خودا ئـــەڵێ : یارەببی ، یارەببی ، لەگەڵ ئـــەوەدا نانو ئـاوی حـــەرامەو بەرگەکەی حەرامە • دەی ئەوە چۆن دۆعای لێقەبووڵ ئەکرێ ؟!

مەرجی دووەم : ئەمەیە کابرای دۆعاکەر شتێکی گوناح یا رەحم بڕینو خزمایەتی تێکدان داوا نەکات • ئەبو سەعیـدی خدری (خ) ئەڵێ : حەزرەت (د) فەرموویەتی : هەر موسوڵمانێ دۆعایێ بکا کە گوناحی تیا نەبێو رەحمی خۆی نەبڕێ خودای تەعالا یەکێ لە سێ شتی پێ ئەدا: یا دۆعاکەی زوو لێقەبووڵ ئەکا • یا بۆی هەڵئەگرێ بۆ قیامەت ، وە یا بە قەی ئەو نیازو دڵخوازەی مەنعی فیتنەو ئاشووبی لێ ئەکا •

مەرجی سێهەم ئەمەیە : کابرا دۆعا بکا بە حوزووری دڵو عەزمی ساغو باوەڕی وەهابێ کە خودا دۆعاکـەی لێ قەبووڵ ئەکا • وەکو ریوایەتکراوە کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : کاتێ داوای شتێکتان کرد لە خودا ئەبێ بەعەزم داوای بکەنو وەهـا بزانن بۆتان ئەکا ؛ چونکی خودا ئەتوانێ هەموو شتێ بکا وە هیچ شتێ لەخودا عاسی نابێ •

وە ئیبن‌وعەطا فەرموویەتی : دۆعاکردن ئەرکانی هەیە ، بالّی هەیە . سەبەبی هەیە ، کاتی تایبەتی هەیە ·· ئەرکانەکانی حوزووری دلّو خۆکزکـــردن‌و پاڕانەوەیە بەسـۆزی دلّ · وە بالّەکانی راستیە لەگەلّ خودادا . وە سەبــــەبی قەبوولّەکـــەی سەلاواتدانە لە حەزرەت (د) لە ئەووەلّی دۆعاکەو ئاخریەوە ؛ چونکی خودا سەلاواتەکان وەرئەگرێ ، وە لە میهرەبانی خوداوە دوورە ئەملاو ئەولای دۆعاکـــە وەربگـــرێ‌و ناوەڕۆکەکـــەی وەرنەگرێ ·

وە هەموو زانایەکی دین ئەزانێ کە نوێژی (صلاة الحاجة) سوننەتی پێغەمەرە (د) وە بەجێ‌هێنـــانی ئەو نوێـــژە دەوری گەورەی هەیە لە قەبوولّی دۆعادا · یەکێ بیەوێ بە تەفصیل ئەمە بزانێ تەماشای کتێبی شەرع بکا ـ بـــە تایبەتی مەکتووباتی مەرحووم کاك ئەحمەدی شێخ (خ)و بەو شـــێوە نوێژەکەیی‌و ئەورادەکەی بەجێ‌بێنێ ·

باسی سێهەم ئەمەیە : ئەگەرچی ئەم ئایەتە لە دۆعادا بێ‌قەیدو شەرتە بەلاّم لەگەلێ ئایەت‌و حەدیثا قەیدو شەرت دەرئەکەوێ ، بۆ وێنە : لە ئایەتی (امــن یجیب المضــطر اذا دعـــاه ؟) دا دەرئەکەوێ کە خودا دۆعای ئینسانی موحتاج‌و ناچار وەرئەگرێ · وە لە ئایەتی (ادعوا ربکم تضرعا وخفية انه لا يحب المعتدين)ەوە دەرئەکەوێ کە مەرجی قەبوولّی دۆعا نزاو لالّەو پالّەو پەنامەکی بوون‌و تێکەلّ‌نەبوونی دۆعاکەیە بـــە تاوان‌و لادان بۆ ســـەر حوقووقی خەلّك · ئەگەرنا قەبوولّ ناکرێ ·

وە لە ئایەتی (فیکشف ما تدعون الیه ان شاء)وە دەرئەکەوێ

که قەبووڵی دۆعا بەسراوە بە خواستی خواوە ، وە ئەمە شتێکی راستو بێگومانە : چونکی خودای تەعالا لە هەموو شتێکا موختارەو خاترخۆیە : ئەوەی خوشی لەسەری بێ ئەیکاو ئەوەی خواستی لەسەری نەبێ نایکا ٠

زیاد لەمانە ئەو ئایەتانە هاتون لەتەخوار لەم بابەتەوە هیچ یەکێکیان بە حوکمی کوللی وارید نەبوون . هەتا یەکێ بڵێ پێویستە لەهەموو کەسێکەوە وە لە هەموو کاتێکاو لە هەموو شوێنێکا خودا دۆعا قەبووڵ بکا . بەڵکو مەعنای هەموویان دێتە سەر ئەوە کە هەر خودایە دۆعا قەبووڵ ئەکا . وە (في الجملة) قەبووڵی ئەکاو مەوزووعەکە دوورە لە هەموو شوبهەیێ ٠

بەڵێ بۆ دۆعاکردن کاتو شوێنی تایبەتی بەیانکراوە لە کتێبەکانا . وەکو کاتی بەرەبەیانو کاتی بارانبارینی سەر لەپایزو سەر لەبەهار . وە کاتی بانگدان لە بەینی جوملەی (حی علی الصلاة) و (حی علی الفلاح) دا . وە کاتی گەیشتن بە پیاوچاکان ، وە کاتی دەرکەوتنی گومەزی حەزرەتی فەخری عالەم (د) لە مەدینەدا بۆ ئەوانە ئەڕۆن بۆ زیارەت ٠ وە کاتی دڵگەرمبوون لە باسی سیرەتی حەزرەتا (د) یا لە باسی پیاوچاکانا ٠ وە لە کاتێکا خەطیب لە مینبەر دێتەخوارەوە لە رۆژی جومعەکانا ٠ وە لەکاتی گەیشتنی دۆستانی دوور لە مەنزڵ بەیەك بە تایبەتی دایكو ئەولادی دووری خۆی ٠ وە شوێنەکان وەکو : مەککەی موکەڕڕەمەو ، حەرەمی مەککەو ، خانووی کەعبەو ، مەقامی ئیبراهیمو ، لە نزیکی (ملتزم)دا ، وە لە عەرەفاتو رەوزەی حەزرەتا (د) وە لە مەشاهیدی ئەولیاو پیاوچاکانا ٠ وە لە هەر

شوێنێکا ئینسان کەوتە دڵیەوە دۆعا بکا ئەوە شوێنی قەبووڵی دۆعایە (انشاء الله) ٠

باسی چوارەم : وەکو دۆعای ئینسان سوودی هەیە بۆ خۆی دۆعای موسوڵمانان بازێکیان بۆ بازێکیـــان ســوودی هەیــە ، بەتایبەتی لەپاش ملە ، حـــەزرەت (د) فەرموویەتی : (ارجی الدعوات دعاء الاخ لاخیه بظهر الغیب) واتە : نزیکترینی دۆعا لەقەبووڵەوە دۆعای برای دینییە بۆ برای خۆی لە پاش‌ملەدا ٠

هەروا سوننەتە ئینسان داوا بکا لەموسوڵمانێ دۆعای بۆ بکا ؛ بچووك بۆ گەورەو گەورە بۆ بچووك ، مەشهوورە کــە حەزرەت (د) فەرموویەتی بە عومەری کوڕی خەتاب لەو کاتەدا چوو بۆ حەج : (لا تنسنا من دعائك یا أخی) واتە : فەرامۆشمان مەکە لە دۆعای خۆت ئەی برای خۆشەویستم ٠ هەروا مەشهوورە حەزرەت (د) فەرمووی بە عومەر کاتێ چاوتکەوت بە (اویس)ی قەرەنی سەلامی لێ بکەو داوای دۆعای لێ بکـــە بۆ خـــۆت ٠ وەهەروا هاتەجێ ٠

وە داواکردنی موسوڵمانان بازێکیان لە بازێکیان ئیجماعی عەمەلی لەسەر هەیە وە ئوممەت گردنابنەوە لەسەر گومڕاهی ٠

هەروا دۆعای زیندوو بۆ مردوو دۆعای پێغەمـــەران بۆ موسوڵمانان لەنەصی قورئانا زۆرە ، وە دۆعای موسوڵمانان بۆ مردووان واریدە لە ئایەتی : (والذین جاؤا من بعدهم یقولون ربنا اغفر لنا ولاخواننا الذین سبقونا بالایمان) ٠ وە دۆعـــای ئەولاد بۆ باوکیان لە نەصی حەدیسی شەریفا واریدە ٠ ئەمانە هیچیان شوبهەیان تیا نیە ٠

باسی پێنجەم : پاڕانەوەیە لەخودا بە هۆی غەیرەوە ، خواه نەفسی ئینسانێ بێ وەکو سابتە کە حەزرەتی عومەر (خ) لەکاتی بێبارانیدا تەوەسولی کرد بەعە بباسی مامی حەزرەتو فەرمووی : (اللهم انا كنا نتوسل اليك بنبيك محمد (ص) فتسقينا ، وانا نتوسل اليك بعم نبيك فاسقنا !) واتە : خودایا لەکاتی ژیانی پێغەمەری تۆدا داوێنگیری ئەبووین کە بپاڕێتەوە لێتو ئەپاڕایەوەو بارانت بۆ ئەبارانین ، وە ئیستە داوینگیری مامی پێغەمەر ئەبین یارەبی هەتا دۆعا بکاو بارانمان بۆ ببارێنێ ، دەی بە میهرەبانی خۆت بارانمان بەسەرا ببارێنە ! وە حەزرەتی عەبباس دۆعای کردو بارانیان بۆ باری • وە کەسێ نابێ بلێ عەبباس زیندوبووە بۆیە داوای دۆعا لەو کراوە ؛ چونکی ئەگەر شەرەفی حەزرەت نەبوایە عومەر نەیئەفەرموو (بعم نبيك) ، وە ئەیفەرموو (بعباس بن عبدالمطلب) •

هەروا واقیع بووە تەوەسول بە زاتی حەزرەت (د) لەژیانیا وەکو لە واقیعەی ئەوکەسەدا کە کوێربووبوو وە هات داوێنگیری حەزرەت بوو (د) وە حەزرەت فەرمووی : دوو رکات نوێژ بکا ئەوسا دۆعا بکا بلێ (اللهم انى اتوسل اليك بنبيك محمد ـص ـ ان ترد الي بصرى) واتە : خودایە من بە وەسیلەی بەرزی پایەی خۆشەویستەوە داوا ئەکەم رووناکی چاوەکانم پێبدەیتەوە • وە خودا ئەو پاڕانەوەیە لێقەبووڵ کرد ، وە راوی ئەڵێ : ئێمە لە عەینی شوێنا بووین کابرا بەچاوساغی هاتەوە بۆ لامان •

هەروا واقیع بووە تەوەسول بە جاهـو پایەی ئەو رەهبەرانە

که لەلای خودا پایەدار بوون ، وە بە پایەی کردەوەی خۆیان ٠
(ابن ماجە) ریوایەت ئەکا بە ئیسنادێکی صەحیح لە ئەبوسەعیدی خدریەوە (خ) ئەڵێ:حەزرەت(د) فەرموویەتی:کەسێ لەماڵی خۆی دەرچێ بۆ نوێژ وە بڵێت : خوایە من داوات لێ ئەکەم بە حەقی ئەو کەسانە کە لە تۆ پاڕاونەتەوەو بە حەقی ئەمهاتنەم بۆ مزگەوت کە ماڵی تۆیە ، وە من دەرنەچووم لەسەر حیرص و بایی بوون وە یا لەسەر کردەوە نیشاندان بە خەڵك و لەبەر ئەوە کە ناوی خۆم بەچاك بیبیسمەوە ، دەرچووم لەبەر ترسی عاجزبوونی تۆ لە من ، وە لەبەر داواکردنی رەزامەندی تۆ ، داوات لێ ئەکەم پەنام بدەی لەئاگری دۆزەخ ، وە تاوانەکانم بپۆشی چونکی کەس تاوان ناپۆشێ تۆ نەبێ ٠٠ مادام ئەو بەندە ئەمەی وت خودای تەعالا بەمیهرەبانی خۆی رووی لێ ئەکاو حەفتا هەزار فریشتە داوای عەفوی تاوانی بۆ ئەکا ٠٠ وە (جلال الدینی سیوطی) ئەمەی بەم مەفهوومە ریوات کردووە لە (الجامع الکبیر) دا ٠

هەروا (طبرانی) لە (کبیر) و (اوسط) دا و (ابن حبان) و (حاکم) ریوایەتیان کردووە بە ئیسنادی صەحیح لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ : کاتێ فاطیمەی کچی ئەسەد دایکی عەلی (خ) مردو ئەو ژنە خزمەتی حەزرەتی زۆر کردبوو حەزرەت چووە ناو قەبرەکەی و ئەڵحەدەکەی بڕی بە دەستی خۆی . جا لە ناویا راکشاو فەرمووی : (الله الذی یحیی ویمیت وهو حی لا یموت اغفر لامی فاطمة بنت اسد ووسع علیها مدخلها بحق نبیك والانبیاء الذین من قبلی فانك ارحم الراحمین) ٠

هەروا سابت بووە تەوەسول بە ئەعمالی صالیحەو کردەوەی

چاکان • ریوایەت کراوە لە بوخاریو موسلیمدا سێ کەس لە ئەشکەوتێکا بوونو بە هۆی لافاوەوە دەرگای ئەو ئەشکەوتەیان لێگیرا . وە هەر یەکێ لەوان تەوەسولی کرد بەکردەوەیەکی باشی خۆی : یەکێ لەوان کاسەیێ شیری راگرتبو لەشەوا بۆ باوكو دایکی هەتا لەخەو هەستان • وە یەکێ لەوان خۆی لادابو لە تاوانباری لەگەڵ ژنێکی خاوەن جەمالا • وە یەکێ لەوان ماڵێکی کەمی کرێکارێکی لەلا بوو وە زۆر بوو بەهۆی (زەوەرزێوە) وە هەموو ئەو ماڵەی داوە بە کرێکارەکە • جا خودای تەعالا بە دۆعای هەرکام لەوان ئەندازەیێ لە دەمی ئەشکەوتەکەی کردەوە هەتا هەموو رزگار بوون •

وە پیرۆزی کراسەکەی حەزرەتی یوسف (د)وە بوونی بە هۆی گەڕانەوەی رووناکی چاوەکانی حەزرەتی یەعقووبی باوکی نەصی قورئانە (اذهبوا بقميصى هذا فالقوه على وجه ابى يأت بصيرا) • لە هەموو ئەمانەوە حەق دەرئەکەوێ بۆ هۆشیاران •

لە بوخاری شەریفا ریوایەت ئەکا لە (براء)وە (خ) ئەڵێ : کاتێ کە رۆژووی رەمەزان فەرزکرا موسوڵمانەکان لە رەمەزانا نزیکی ژنەکانیان نەدەکەوتن ، وە چەن کەسێ لەوان کەوتنە ناوئیشەوە جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە :

﴿ أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ ﴾ :

رەوا دراو حەڵاڵکرا بۆ ئێوە لەشەوی رەمەزانا چوونەلای ژنەکانتان ، لەبەر ئەوە •

﴿ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ ﴾ :

ئەو ژنانە وەکو بەرگێ ئەپێچرێن بەدەوری ئێوەدا • وە

ئێوەیش وەکو بەرگێ ئەپێچرێن بەدەوری ئەوانا ، وە دوو هاونەوعی حەلاڵی یەك وەها نزیك ببنەوە لەیەك زۆرگرانە بەعادەت لە ئارەزووی نەفس بپارێزرێن ·

﴿ عَلِمَ اللهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ ﴾ :

خوای تەعالا ئاگادارە بەڕاستی کە ئێوە خەیانەتتان کرد لەگەڵ نەفسی خۆتانا وە خۆتان پێ رانەگیرا لەبەر ئەوە تەوبەی ئێوەی قەبووڵ کرد لەوەی بەسەرتانا هاتووەو عەفوی کردوون ·

﴿ فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللهُ لَكُمْ ﴾ :

لە ئیستەوە ئیجازەدرا بۆتان بڕۆنە لای ژنەکانتان ، وە داوا بکەن لە خودای خۆتان ئەوەی کە خودا بۆی نووسیون لە ئەولادو نەتەوەی صوورەتپاكو سیرەتچاك ، وە رابواردنو ئولفەتو دامەزراندنی خانەدانی بەشەرمو شکۆ ·

هەروا ریوایەتکراوە لە (براء)وە (خ) : یاسای ئەصحابی پێغەمەر (د) وابوو لە پاش مەغریب خواردنو خواردنەوەیان بۆ حەلاڵ بوو هەتا نوێژی عیشا وە ئەگەر رۆژوودوانێ شێوی بۆ ئامادە بکرایەو بنوستایە لەپێش بەربانگدا ئیتر ئەو شەوە هیچی نەدەخوارد · وە بە رۆژیش هەر بەڕۆژوو ئەبو تا ئێوارە ، وە قەیسی کوڕی (صرمە) ئەمەی بەسەراهاتو لە سبەینێدا لە پەرێشانیدا بێهۆش کەوت ، وە ئەم باسەیان بۆ حەزرەت گێڕایەوە ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە :

﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ﴾ :

واته : بخۆنو بخۆنەوە هەتا كاتێ كە شتێ كە وەكوو دەزووی سپی وایە ـ كە بریتییە لە سفیدەی بەیانی ـ بۆتان جیائەبێتەوە لەشتێ كە وەكو دەزووی رەش وایە ـ كە خەتی تاریكی شەوە ـ •

﴿ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ﴾ :

پاش دەركەوتنی سفیدەی بەیانی رۆژووەكەتان تەواو بكەن هەتا **شەو دایێ** •

﴿ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ﴾ :

یانی : ئەی موسوڵمانان موباشەرەی ژنەكانتان مەكەن بە جیماعكردن لەگەڵیانا ، وە یا بە لكاندنی پێستان بەپێستیانەوە بەشەهوەتو ئارەزووی نەفس لەكاتێكا كە ئێوە ئیعتیكاف ئەكەن لەناو مزگەوتا • جا ئەگەر جیماعكردنەكە لەناو مزگەوتا بوو ئەوە جیماعەكە حەرامەو ئیعتیكافەكەیش بەتاڵئەبێتەوە ، هەروا لكاندنی پێستی خۆی بەپێستی ژنەوە بە ئارەزووی نەفس • وە ئەگەر جیماعەكە وە یا موباشەرەی بەشەهوەت لەغەیری مزگەوتا بوو ئەوە ئەگەر ئیعتیكافەكە فەرزبێ ـ واتە كابرا نەزری كردبێ لەسەر خۆی ـ ئەوە ئیعتیكافەكە بەتاڵ ئەبێتەوەو ئیشەكەیشی حەرامە ، بەڵام ئەگەر ئیعتیكافەكە سوننەت بێ ئەوە عەمەلەكەی حەرامنیە بەڵكو لەو كاتە بەولاوە ئیعتیكافەكەی بەتاڵە • ئەمما ئیعتیكافە پێشووەكەی تا كاتی عەمەلەكە دروستبووەو زیانی پێ ناگا •

وه دەلیـــلی مەنعکردنی خاوەن ئیعتیـکاف لەموباشــەرەی بەشەهوەت وە جیماعکردن ئەمەیە ئیعتیکاف عیبادەتەو جیمـاعو موباشەرەی بە شەهوەت ئارەزووبازییەو ئەمانە ناکەونە یەك ، وە زیاد لەوە مادام جیماعەکە لە مزگەوتا بێ ئەوە ئەبێ بەهۆی مانەوە لەمزگەوتا بە لەشپیسی ئەوەیش لە گوناهە گەورەکانە ٠

﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللهِ ﴾ :

ئەم ئەمرو نەهیانە لەم ئایەتانەدا ناردم بۆتان حودوودی خودان ، شتێکن کە لەلایەنی خوداوە موخالەفەو بەگژاچوونیان مەمنووعە بەقەطعی ٠

﴿ فَلا تَقْرَبُوهَا ﴾ :

نزیك مەکـــەونـــــەوەلێیان بەنیـــازی دەسبـۆبردنو بەگژاچوونیان ٠

﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ (١٨٧)

ئاوەها خودای تەعالا بەیانئەکاو رووناكئەکاتەوە ئەحکامی خوی بۆ موسوڵمانان بە رجای ئەوە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا بپارێزن ٠

بزانن ! ئیعتیکاف لـە عورفی دینـا بریتییە لە مانــەوەی موسوڵمانان لەمزگەوتا بەنیەتی عیبادەتکــردن بۆ خــودا وە ئیعتیکاف سوننەتە بۆ ژنوپیاو بەڵام ژنێ کە مێردی ببێ دروست نیە بەبێ ئیجازەی مێردەکەی ئیعتیکاف بکا ٠

وە بە ریوایەتی حەزرەتی عایشـــەو (ابی) کوڕی کەعب حەزرەت (د) لە دەی ئاخری مانگی رەمەزانا ئەڕۆیشتە مزگەوتەوە

ئیعتیکافی ئەکرد تا ئاخری مانگی رەمەزان وە لەسەر ئەم حاڵە دەوامی کردووە تا وەفاتی کردووە •

وە لای ئیمامی شافیعی ئیعتیکاف دروستە بۆ رۆژووەوانو بێرۆژوو • وە لەکاتی کەمو زۆرا ، وە لە هەموو مزگەوتێکا ، بەڵام لە مزگەوتی (جامعە)دا خێری زۆرترە •

ریوایەتکراوە کە عەبدانی حەزرەمی داوای پارچە عەرزێکی لە (امریء القیس کندی) کرد بەڵام شایەتی نەبوو وە حەزرەت (د) فەرمووی : مادام شایەتت نیە پێویستە (امریء القیس) سوێند بخوا لەسەر ئەوە کە عەرزی خۆیـەتی ئەویش ویستی سوێند بخوات ، بەڵام حەزرەت (د) ئەم ئایەتەی بەسەرا خوێندەوە: (ان الذین یشترون بعهد الله وایمانهم ثمنا قلیلا ••• الآیة) ئەویش پەشیمان بووەوە لە سوێندخواردنو عەرزەکەی داوە بە عەبدان جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

﴿ وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ ﴾ :
ماڵی یەکتر لەناوخۆتانا مەخۆن بە شێوەی ناحەق •
﴿ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ ﴾ :
وە مورافەعـــەی ئەموال مەبـەن بـــۆ لای حاکمـەکانو فەرمانڕەواکان •
﴿ لِتَأْكُلُوا فَرِيقاً مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالأِثْمِ ﴾ :
هەتا بەم هۆوە ئەندازەیێ لە ماڵی خەڵك بخۆن بەتاوانباریو بەناڕەوایی •
﴿ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (١٨٨)
وەلحاڵ ئێوەیش باش ئاگادارنو ئەزانن کە ئەو ماڵە ماڵی ئێوە نیە •

پێویسته بزانن له جوملەی (ولا تأکلوا اموالکم بینکم بالباطل)وه به تەنیا دەرئەکەوێ که خواردنی ماڵی خەڵك بەبێ موقابیلو به شێوەی ناحەق حەرامه • خواەبەزۆر بێ • یا به روو بێ ، یا به دزی بێ ، یا به غەش ، یا به هۆی فەرمانداری دنیاییەوه یا فەرمانداری دینی وەکو قازیو حاکمی شەرعی • کەوابێ جوملەی (وتدلوا بها الی الحکام) دەس ئەدا که عەطف بێ لەسەر (تأکلوا)و ئەمەیش حوکمی سەربەخۆ بێ جیاکرابێتەوه لەبەر ئیهتیمام بەم شێوه ؛ چونکی بەزۆری ماڵی خەڵك خواردن به هۆی هێزی فەرمانڕەواکانەوەیە ساخوای به دەستەو بەسته بێ یا به بەرتیلو ماڵدان بێ ئەگەرنا ئەمەیش بەر (ولا تأکلوا اموالکم بینکم بالباطل) ئەکەوێ •

وه هەڵئەگرێ (وتدلوا) مەنصووب بێ بەحەزفی نوونو تەقدیری حەرفی (ناصب)وه مەجمووعی (ولا تأکلوا) هەتا ئاخری ئەم جوملەیشه یەك حوکم بێ ، وه مانای وابێ که ئەی موسوڵمانان ماڵی یەکتر لەناو خۆتانا بەناڕەوایی مەخۆن بەهۆی ئەوەوه که مورافەعەی بگەیەنن به فەرمانڕەواکان • ئەو وەخته ئەڵێن هۆی باسی تەنیا ئەم حوکمه ئەمەیه که ئەم شێوه زۆر موهیممەو زۆر کەس گیرۆده بووه پێیەوه بەڵکو لەوه دەسبەردار ببن •

وه ریوایەتکراوه که مەعازی کوڕی جەبەلو ثەعلەبەی کوڕی (غنم) هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت (د) پرسیاریان کرد لەهۆی ئیختیلافو جیاوازی شێوەی مانگ لە هەر شەوێکدا دەرئەکەوێ لەگەڵ شەوی پێشوویا به زیادی یا به نوقسانی ، جا ئەم ئایەته هاتەخوارەوه :

﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَهِلَّةِ قُلْ : هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ ﴾ :

جا ئەگەر پرسیاریان کردبێ لەوە فائیدەی ئەم جیاوازی شێوەی مانگە چیە لەشەوەکانا ئەوە ئایەتەکە جوابێکە رێك لەسەر پرسیاری ئەوان • واتە : ئەی پێغەمەری من ! پرسیارت لێ ئەکەن لە فائیدەو سوودی گۆڕانی شێوەی مانگ لە شەوەکانا بەزیادبوون‌و نوقسان بوون ، تۆیش پێیان بڵێ : ئەو شێوە جیاوازانە نیشانەو عەلامەتن بۆ ئادەمیزاد بۆ زانینی وەخت‌و وادەی کشت‌وکاڵ‌و کاروکاسبی‌و ئاڵوویرو کاروانکردن‌و هاتنی وادەی قەرزو قۆڵەی ناوخۆ ••• ئەگەر مانگ لەهەموو شەوێکدا یەك شێوەی ببوایە وەکو رۆژ خەڵك ئەوانەیان نەدەزانی •

وە ئەگەر پرسیارەکانیان لە سیرڕی جیاوازی شێوەکان بێ کە عائیدە بە عیلمی ریاضییات وەکو وتوویانە هۆی ئەوانە نزیکی مانگە لە رۆژو دوورکەوتنەوەیەتی لێی ئەوە جوابەکەی لەسەر یاسای (الاسلوب الحكيم) وارید بووە ؛ کە کەسێ لە شتێ ئەپرسێ‌و یارۆی پرسیار لێکراو جوابی بەوە ناداتەوە کە ئەو ئەیەوێ ، بەڵکو جوابی بەنەوعێ تر ئەداتەوە کە فائیدەی زۆرتر بێ بۆی •

ئەوکاتە مەعنای ئایەتەکە ئاوایە : ئەی پێغەمەری من ! پرسیارت لێ ئەکەن لە ئەسباب‌و عەلامەتی گۆڕانی شێوەی مانگ لە شەوەکانا تۆیش پێیان بفەرموو : ئەو ئەسبابانە بەئاسانی بۆ ئێوە نازانرێن ، بەڵام بزانن کە مانگ بەهۆی جیاوازی شێوەوە ئەبێ بەنیشانەی ناسینی وەخت‌و وادە • وەکو ئیستە

بەیانمان‌کرد • وە بۆ ئێـوە زانینی ئەمـە باشترە لە ناسـینی سیڕڕەکەی •

وە بوخاری‌و موسلیم ریوایەتیان کردووە ئەنصار عادەتیان وابووە کاتێ کە حەجیان ئەکردو ئەگەڕانـەوەو ئەگەیشتنەوە شوێنی خۆیان لە دەرگای ماڵەکەیانەوە داخڵ نەدەبوون‌و لە پشتی ماڵەوە بەپلەکانە ئەڕۆیشتنە سەربان‌و لەوێوە ئەچوونەژوورەوە ، جا بە خیلافی ئەم یاسا شەخسێ لە ئەنصار حەجی‌کردو کاتێ کە گەڕایەوە لە دەرگای ماڵەکەیەوە رۆیشتە ماڵەوەو خەڵك لۆمەو سەرزەنشیان کرد ، جا ئەم ئایەتە نازڵ‌بووو خودا فەرمووی :

﴿ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا ﴾ :

واتە : کردەوەی خێر ئەوە نیە کە ئێوە بێنەوە بۆ ماڵی خۆتان‌و لەپشتەوە بچنەژوورەوە •

﴿ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَىٰ ﴾ :

بەڵام چاکەو ئیحسان کردەوەی چاکەو تەقوای ئەوانەیە کە تەقوای خودا ئەکەن‌و لەخودا ئەترسن •

﴿ وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا ﴾ :

ئیتر بڕۆنەوە خانووەکانتان لە دەرگاکانیانەوە •

﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ (١٨٩)

لەخودا بترسن‌و پارێز بکەن لەو بیرو باوەڕەو لەو کردەوانە کە خودا حەرامی کردوون بەڵکو لە عەزابی خودا رزگار ببن •

بزانن ! ئەم جوملەی (واتوا البیوت من ابوابها) جوملەیەکی زۆر بەنرخەو لە حیکمەتەکـــانی قورئانی پیرۆز ئەژمێررێ ،

بێجگە لەو مانایە کە وتمان ئەمە ئەگەیەنێ کە : بڕۆن بۆ هەر مەبەستێ لە دەرگاو ڕێگەی عادەتی خۆیەوە ، وە بەو ئەسبابانە کە خودا بۆی داناون : ئەگەر نەخۆش کەوتن بڕۆن بۆ لای دوکتۆرو دەرمان وەربگرن ، وە سەدەقەو خێر بکەن بۆ دەفعی بەلا ، وە لەخودا داوا بکەن چاری ئەو نەخۆشییە بکا • وە ئەگەر ئیشتان لەلای پیاوێکی گەورە بوو سەربەخۆ قسەی لەگەلا مەکەن بەو یاسا کە دامەزراوە لە ڕۆژا قسەی لەگەلا بکەن ، وە هەنگاو بەسەر مەرجەع‌و جێگای هاناو هاواری خۆتانا مەنێن ، وە بە ئوسوولی کات موراجەعە بکەن ، هەروا بەم یاسا بڕۆن بۆ مەبەست بەلکو ناجیح ببن •

﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ﴾:
جەنگ بکەن بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لەگەل ئەو کافرانەدا کە شەڕتان لەگەلا ئەکەن •

﴿وَلاَ تَعْتَدُوا﴾ :
بەلام لەحەق لامەدەن ؛ لەخۆتانەوە دەس‌مەکەن بەجەنگ هەتا کافرەکان دەس‌نەکەن بە جەنگ ، وە جەنگ لەگەل هاوپەیمانتانا مەکەن هەتا پەیمانەکەیان تێك‌ئەدەن ، وە کاتێ لە دەستەی دوژمنتان کوشت ئەتکیان مەکەن ؛ لووت‌و گوێ‌و عەورەت‌و دەست‌و پێیان مەبڕن پاش کوشتن • ئەم نەوعە کارانە بێجگە لەوە کە نامەردییە ئەبێ بەهۆی نامەردیکردنی دوژمنەکانیش لەگەل ئێوەدا ، وە ئەبێ بەهۆی ئەوە کە فیتنەی بێ‌سامان لەناو ئادەمیزادا پەیدا ببێ •• وە مندال‌و ژن‌و پیاوی پیر ــ ئەوانەیان کە لە دەست‌و پێ کەوتوون ــ مەیانکوژن •

﴿ إِنَّ اللّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِين ﴾ (١٩٠)

خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە لەیاسای حەق لائەدەنو ئەم کارە نابارانە ئەکەن .

بە ریوایەتی گەلێ لە زاناکان وەکو رەبیعی کوڕی نەنەسو غەیری ئەو ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتێکە لە قیتالو جەنگکردن لەگەڵ کافرانا پاش کۆچی حەزرەت (د) لەمەککەوە بۆ مەدینە نازڵبووە . وە لە مەککەدا هەر ئەمر بە سیلمو مدارا بوو . وە بازێ ئەفەرموون : یەکەم ئایەت کە نازلبووە لە جەنگدا ئەم ئایەتەیە کە خودا فەرموویەتی : (اذن للذین یقاتلون بانهم ظلموا) . بەلام قسەی ئەووەل راسترە ؛ چونکی ئەو ئایەتە نازنبووە لە سانی حەوتا لە کاتی (عمرة القضا) دا ، وە ئایەتی (اذن للذین یقاتلون ...) لە پاش نەو نازڵبووە بۆ شەڕکردن لەگەل کافرانا بە شێوەی گشتی .

ریوایەتکراوە پاش ئەوە کە حەزرەت (د) لەگەڵ ئەصحابەکانیا لە سانی حەوتا هاتەوە بۆ مەککە بۆ بەجێهێنانی (عمرة القضا) ترسیان لەوە بوو کە ئەگەر کافرەکان ئیمسالیش مەنعیان بکەن لە عومرە ئەمان چی بکەنو چۆن لە مەککەداو لە خاکی حەرەما شەڕبکەن لەگەلیانا ئەم ئایەتە نازڵبوون .

﴿ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ ﴾ :

کافرەکان بکوژن لە هەر شوێنێکا زاڵبوون بەسەریانا .

﴿ وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ ﴾ :

وە دەریانبکەن لەو شوێنە (مەککە) کە ئێوەیان لێدەرکرد .

﴿ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ ﴾ :

کوفرەکەی ئەوانو بتپەرستی ئەوان زەحمەتترو ناهەموارترە لەوە کە ئێوە بیانکوژن ٠

﴿ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ ﴾ :

بەڵام شەڕیان لەگەڵا مەکەن لەلای مزگەوتی خاوەنپایەدا هەتا ئەوان لەپێشا شەڕ ئەکەن لەگەڵ ئێوەدا ٠

﴿ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ ﴾ :

ئەگەر ئەوان لە پێشا دەسیانکرد بە جەنگکردن لەگەڵ ئێوەدا ئێوەیش جەنگیان لەگەڵدا بکەنو بیانکوژن ٠

﴿ كَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ ﴾ (١٩١)

بەکوشتن ئەبێ جەزادانەوەی ئەو کافرانە کە دەستیان کردووە بەشەڕ لەگەڵ ئێوەدا ٠

﴿ فَإِنِ انْتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (١٩٢)

جا ئەگەر دەسبەرداربوونو وازیان لەشەڕو ئاژاوە هێنا ئەوە خودای تەعالا لێخۆشبووو بە بەزەییە ٠

﴿ وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ ﴾ :

جەنگیان لەگەڵدا بکەن هەتا بتپەرستیو لادان لە ئایینی حەق نەبێ لە وڵاتاو فەرمانبەرداریو بەندەیی هەر بۆ خودا بێ ٠

﴿ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴾ (١٩٣)

جا ئەگەر ئەوان دەستبەردار بوون لە جەنگ‌کردن ئیتر ستەمکاری‌و تاوانباری نیە ئیللا لەسەر ئەوانە کە ستەمکاری ئەکەن • خواه ئەوان بن‌و دەست‌بکەنەوە بەجەنگ یا کافرانێکی تری غەیری ئەوان بێنە مەیدانەوە یا ئێوەبن‌و شەڕیان پێ بفرۆشن •

جا لەبەر ئەوەکە موسوڵمانەکان لە ساڵی (عمرة القضا)دا لەمانگی (ذی القعد)دا حازری مەککە بوون‌و پێیان ناخۆش بوو لەم مەوسیمی ئیحرامەدا وە لە مانگی حەراما جەنگ بکەن لەگەڵ کافرانی مەککەدا خودا فەرمووی :

﴿ الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ ﴾ :

ئەم مانگی حەرامی ئیمساڵە لەبەرابەری مانگی حەرامی ساڵی پار ، ئەوان بۆچی پار مەنعی ئێوەیان کرد لە عومرە ئێوەیش ئیمساڵ جەنگ لەگەڵ ئەوانا بکەن • یاخود ئێوە شەڕ ناکەن لەگەڵ ئەوانا هەتا ئەوان دەس‌نەکەن بەشەڕ لەگەڵ ئێوە • دەی مانگی حەرام بۆ ئێوەو بۆ ئەوان یەك مانگە : مانگەکە بۆ ئێوە وەکو مانگەکەیە بۆ ئەوان ، کە ئەوان حورمەتیان نەکرت‌و دەستیان کرد بەشەڕ ئێوەیش ناچارن پارێزی خۆتان بکەن‌و شەڕبکەن لەو مانگەدا لەگەڵ ئەوانا •

﴿ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ ﴾ :

وە هەموو شتێ کە حەرام بێ دەستی بۆ ببرێ وە واجب بێ پاراستنی لەو شتانە کە مەعنەوییاتی ئایینن قیصاصیان تیایە •

ئەوان کە حورمەتی مانگی حەرامی پارەکەیان برد ئێویش ئەتوانن حورمەتی مانگی حەرامی ئیمساڵ ببەن ئەگەر شەڕیان لەگەڵ کردن • یاخود ئەوان کە حورمەتی مانگی حەرامیان نەگرت ئیمساڵ ئێوەیش ئەتوانن حورمەتی نەگرن ، بەتایبەتی ئێوە ناچارن •

﴿ فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾ :

دەی هەرکەسێ تەجاوزی کرد لەسەر ئێوە ئێوەیش تەجاوز بکەن لەسەر ئەوان بەوێنەی ئەو تەجاوزەی کردوویەتییە سەرتان •

﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ ﴾ (١٩٤)

لەخودا بترسنو بیروباوەڕتان وابێ کە بەڕاستی خودا بە یارمەتیدان لەگەڵ ئەوانەیە کە لەخودا ئەترسن •

﴿ وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﴾ :

ماڵی خۆتان سەرفبکەن لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دینی ئیسلاما •

﴿ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ﴾ :

بەلاَم خۆتان مەهاوێتە ناو نەمانو زایەبوون بەهۆی ئەوەوە کە هەرچیتان هەیە هەمووی خەرج ببێت •

ئەم مەعنایە لەسەر ریوایەتی بوخارییە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوەکە فەرموویەتی : ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوەلە بابەتی

ماڵسەرفکردن لە ڕێگەی خودادا بۆ جیهاد ، وە ئەبو ئەییووبی ئەنصاری ئەڵێت : ئەم ئایەتە نازڵبوو لە ئێمەدا کۆمەڵی ئەنصار؛ چونکی کاتێ کە خودای تەعالا یارمەتی موسوڵمانەکانی دا وە دینی بەهێزکرد ئێمەیش وتمان : با ئیتر مەشـــغوولی بـاخو ئەوزاعی خۆمان ببین • جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکردو فەرمووی : ماڵی خۆتان سەرف بکەن لە ڕێگـــەی دینی خودادا مەکەونە تەمەڵی لە جیهاداو بەهۆی خۆشەویستی ماڵەوە خۆتان مەفەوتێنن بەهێرشی دوژمنو تەرکی غەزا مەکەن ؛ چونکە هەمیشە دوژمن خۆی ئامادە دەکات بۆ لەناوبردنتانو زاڵبوون بەسەرتانا:

﴿ وَأَحْسِنُوا اِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴾ (١٩٥)

ئێوە کردەوەو خووو ڕەوشتی خۆتان چاك بکـــەن هـــەتا پەیوەندیتان بە خوداوە بەهێز ببێ نەك بەماڵی دنیاو رابواردنو خۆشحاڵی ژیان ؛ چونکی جانیبی خودا نابڕێتەوە بەڵام جانیبی دنیا ئەبڕێتەوە ، بەڕاستی خودا موحسینەکانی خۆش ئەوێ •

﴿ وَاَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلهِ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان ! واجبی حەج کە زیارەتی کەعبەیـە لەسەر یاسای دین لە مانگی شەووالو ذیلقەعدەو دەی ئەووەڵی ذیلحەجەدا ، وە واجبی عومرە ، کە ئەویش زیارەتی کەعبـەیە لەهەر مانگێکدا بێ ، تەواو بکەن ، وە ئەرکانو واجبـــاتیان بەجێ بێنن هەر بۆ خوداو باسی بتو مەعبوودی بەتاڵیان تیامەکەن، وە هەر لەبەر ئەمرو فەرمانی خودا بیانکەن لەبەر ناوو شۆرەتو خۆنیشاندان بەخەڵك مەیانکەن •

﴿ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ﴾:
ئەگەر مەنعکران لە پاش ئیحرام بەستن ـ لە تەواوکردنیان لە لایەنی دوژمنەوە وەکو ئەوە کە حەزرەت (د)و ئەصحابەکانی مەنعکران لە تەواوکردنی عومرەکەیان •• ئەوە واجبە لەسەرتان سەربڕینی ئەوەی بۆتان رێئەکەوێ بە ئاسانی لە حەیوان : وشتربێ . یاگا ، یا مەڕ ، یابزن •

﴿ وَلَا تَحْلِقُوا رُؤُسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ ﴾ :

وە ئیحرامەکەتان مەشکێنن و سەرتان مەتاشن هەتا ئەو حەیوانە سەرئەبڕرێ لە جێگەی خۆیدا • کاتێ حەیوانەکەتان سەربڕی جا ئیحرامەکەتان بشکێنن •

﴿ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضاً ﴾ :

دەی ئەگەر کەسێ لە ئێوە نەخۆش بوو بە نەخۆشینێکی وەها کە ناچار بوو لە بۆ سەرتاشین لەپێش ئیمکانی سەربڕینی حەیوانەکەیا :

﴿ أَوْ بِهِ أَذىً مِنْ رَأْسِهِ ﴾ :

یا ئازارێ لەسەریا بوو بە هۆی برینەوە یا بە هۆی جانەوەرەوە وە بە ناچاری سەری تاشی •

﴿ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾:
ئەوە لەسەریەتی ، بە واجبی ، فیدیەیێ بدا لە باتی ئەو سەرتاشینەی کە بریتییە لە رۆژووی سێ رۆژ یا خواردەمەنی شەش میسکین بدا یا حەیوانێ سەرببڕێ •

﴿ فَإِذَا أَمِنْتُمْ ﴾ :

کاتێ هێمن بوونەوەو رزگار بوون لە دوژمن و نەجاتتان بوو لە نەخۆشیو ئازارەکان .

﴿ فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ﴾ :

هەرکەسێ لە ئێوە خۆشی وەربگرێ بە نزیك بوونەوە لە خودا بە هۆی عومرەوە ئەوسا بگات بە عیبادەتی حەج ، وە یا خود خۆشی وەربگرێ بۆ خۆی بەوە کە عومرە بەجێ بێنێو ئیحرامەکەی بەتاڵ بکاتەوە ئەوسا حەج بکاو ئیحرامی بۆ ببەستێ ئەوە واجبە لەسەری ئەوەی بۆی دەس ئەدا لە حەیوان سەری ببڕێ لە باتی پێش خستنی عومرە لەسەر حەجەکەی .

﴿ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ﴾ :

دەی کەسێ حەیوانی دەس نەکەوێ بۆ سەربڕینی ئەوە واجبەکەی رۆژووی سێ رۆژە لە کاتی حەجداو رۆژووی حەوت رۆژیش کاتێ بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەهلی خۆتان .

﴿ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ﴾ :

ژمارەی ئەو رۆژانە کە بەرۆژوو ئەبن دە رۆژی تەواوە ، خەیاڵ نەکەن کە ژمارەیان سێ رۆژە ئەگەر لە رۆژانی حەجدا بەرۆژوو بن ، وە حەوت رۆژە ئەگەر لەناو ئەهلی خۆتانا بن .

﴿ ذَلِكَ لِمَنْ لَمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ﴾ :

ئەم حوکمە کە واجب بوونی فیدیەیە لەسەر تینسانێ

تەمەتوع بکا بۆ کەسێکە کە ئەهلی نزیکی (مسجد الحرام) نەبێ بە کەمتر لە مەسافەی قەسر •

﴿ وَاتَّقُوا اللهَ وَاعْلَمُوا أنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ (١٩٦)

ئەی موسوڵمانەکان ! لە خوابترسن‌و بزانن بەڕاستی کە عەزاب‌و تۆڵە سەندنەوەی خودا لەو کەسانە لائەدەن لەفەرمانی خودا زۆرگرانە •

﴿ اَلْحَجُّ أشْهُرٌ مَعْلُومات ﴾

وەقتی مەشغووڵبوون بەئادابی حەجەوە چەن مانگێکی مەعلووم‌و دیاری‌کراون لە دنیا ، کە عیبارەتن لە مانگی شەوال‌و ذیلقەعدەو سیازدە لە ئەووەڵی مانگی ذیلحەجە • ئەگەر تەماشای مەناسیك‌و ئاداب بکەین ، ئەگەرنا ئەگەر حسێبی خۆڕێخستن‌و گەڕانەوەی ئەهلی خاریجی حەرەم بکەین ئەوە بە ئەغلەب مانگی ذیلحەجەیش بەتەواوی کاتی موناسەباتی حەجە •

﴿ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ ﴾ :

دەی کەسێ بڕیار بدا لەسەر خۆی بەجێ‌هێنانی حەج بە هۆی ئیحرام‌بەستن بە حەج •

﴿ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدالَ فِي الْحَجَّ ﴾:

ئەوە بۆی دروست نیە جیماع بکا لەگەڵ خێزانی خۆیا ، وە بۆی نیە دەرچێ لە یاسای دامەزراوی ئادابی حەج ، وە جەدەل‌کردن لەگەڵ خەڵکداو قسە بەزۆراندان نیە لە کاتی حەجدا •

﴿ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللهُ ﴾ :

وە ئەوەی بیکەن لەکردەوەی خێر لە خاکی حەرەمدا یا نە غەیری حەرەمدا خودا پێی ئەزانێ جەزاکەیتان ئەداتەوە ٠

﴿ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقوَى ﴾ :

توێشەی ڕێگەی دوورو درێژی قیامەت هەڵبگرن بەم کردەوە چاکانە . بەڕاستی کە چاکتر لە هەموو توێشەیێ بۆ ئینسان توێشەی تەقوایەو کردەوەیەکە بەهۆی ئەوەوە بپارێزرێ لە عەزابی خودا ٠

﴿ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الأَلْبَابِ ﴾ (١٩٧)

لە من بترسن ئەی خاوەن هۆشە ساغەکان ٠

شێخی بوخاری (خ) ریوایەتی کردووە لە ئیبن‌وعەبباسەوە (خ) کە ئەهلی یەمەن ئەهاتن بۆ حەج‌و توێشەو خەرجییان لەگەڵ خۆیان نەدەهێناو ئەیانوت : ئێمە تەوەکولمان لەسەر خودایە ٠ کاتێ ئەگەیشتنە مەککەی موکەڕڕەمە داوای خواردەمەنی‌و خەرجییان لە خەڵك دەکرد ٠ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکردو فەرمانی دا بەوە کە توێشەو خەرجی ڕێگەی حەج بەتەواوی بۆ هەردوو سەرەکەی هەڵبگرن وە لەمەولا نەبن بەبار بەسەر خەڵکەوە ٠

جا لەم ئایەتە پیرۆزە ئەمە وەرئەگیرێ ئەوەی کە حەجی لەسەر واجب نیە بەسواڵ‌و سەدەقە نەڕوا بۆ حەج مەگەر موسوڵمانێ بە ئارەزووی خۆی پارەی پێ‌بداو توێشەو مەسرەفی بۆ تەواو بکا ٠ وە کەسێ حەجی لەسەر واجبە مادام خودای تەعالا

ماڵی پێداوە پێویستە بە قەی خۆی خەرجی هەڵبگرێ بۆ ئەوە کە موحتاج نەبێ بەکەس ، وە سوننەتە زیادەیش هەڵبگرێ بۆ خێراتو بەخشش بەداماوان ، وە حەزرەت (د) وشتری باری لەگەڵدابوو کە خواردەمەنیو رزقی لەسەر بوو ، وە لە سەفەری حەجدا سێصەد کەس لە قەبیلەی (مزینة) هاتن بە میوانی بۆ خزمەتیو خزمەتی کردن ، وە کاتێکیش رۆیشتن ئەمری فەرموو بە حەزرەتی عومەر : یا عومەر توێشە بدە بەم کۆمەڵە بۆ رێگەیان •

مەبەس ئەمەیە ئەم سەفەری حەجە سەفەری عومرە ، پیاوی مەرد ئەوەیە بە مەردی ئەم سەفەرەی بکاو بێتەوە •

وە ریواتکراوە لە بوخاریدا لە ئیبنوعەبباسەوە (خ) کە لە زەمانی پێش ئیسلاما بازاڕەکانی (عکاظ) و (مجنه) و (ذو المجاز) لە مەوسیمی حەجدا ئەکرانەوەو خەڵك بەیعو موعامەلەو تیجارەتیان تیا ئەکردن • کاتێ دینی ئیسلامی پیرۆز هات موسوڵمانەکان پێیان ناخۆش بوو کە لەو وادەدا تیجارەت بکەن ، جا لەلایەنی خوداوە ئەم ئایەتە نازڵبوو •

﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ ﴾ :

واتە هیچ نەوعە گوناحێکتان لەسەر نیە کە لە مەوسیمی حەجدا بگەڕێن بەشوێنی ماڵی دنیادا بە تیجارەتو ئاڵوێڵ ، وە داوای کەرەمی باش بکەن لە خودای خۆتانو دینی ئیسلام دینی ئیعتیدالو میانەکارییەو مەنعی شتی حەڵاڵ لەکەس ناکا •

بەڵام ئاگادار بن حەرامە بۆ موسوڵمان ـ بەتایبەتی بۆحاجی ـ

تیجارەت بکا بە ماڵی قاچاخ موطلەقا : یەکەم بە یاسای گشتی تیجارەت بەماڵی قاچاخ خەتەری سەرو ماڵی تیایە بۆ تاجیرەکە ، وە هەر موعامەلەیێ ئەو خەتەرەی تێدابێ حەرامە • دووەم : بۆ حاجی دڵی ئەخاتە خەیاڵاتەوەو زیاد لەوەیش ئەگەر پێیانزانی خۆی تووشی ئازاری حەپس ئەبێو قافڵەکەیشی ماتڵ ئەکا لە سەفەرو گەڕانەوە بۆ ماڵ یا گەیشتن بەمەککە ، وە مەئموورەکانی حوکوومەت بێباوەڕ ئەکا بەرابەر بە (حجاج)و بەچاوی سووکیو تاوانباری بۆیان ئەڕوانن • جا دەخیلە خۆتان لەم موعامەلە ناشیرینە ئابڕوبەرە بپارێزن •

﴿ فَاِذا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ ﴾ :

کاتێ لە ئیستگای عەرزی پیرۆزی (عەرەفات) داڕژانو هاتنەخوارەوە لە پاش ڕۆژئاوابوون •

﴿فَاذْكُرُوا اللهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ ﴾ .

زیکری خودا بکەن بە (لبیك)کردنو (لا اله الا الله)خوێندنو دۆعاو پاڕانەوە بۆ دینو دنیا لە خوای پەروەردگار لەلای (المشعر الحرام) لەلای موزدەلیفەداو نوێژی مەغریب بە (جمع التأخیر) لەگەڵ نوێژی عیشادا بکەن لەو شوێنەدا •

﴿ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ ﴾ :

وە بە ئیخلاص زیکری خودا بکەن لەبەر ئەوە کە شارەزای کردن بۆ خوداپەرستیو دینداری ڕاست •

﴿ وَاِنْ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّالّينَ ﴾ (١٩٨)

هەرچەن لەپێش بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلاما ئێوە

لەوانەبوون کە ڕێگەی خوداپەرستیو دینداریو دنیاداری پاکتان ونکردبوو ٠

﴿ ثُمَّ أفيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ ﴾ :

پاش زیکرو دۆعاو نوێژکردن لەلای (مشعر الحرام) لـــە عەرزی موزدەلیفەدا بڕژێنە خوارەوە لـــە موزدەلیفـەوە بۆ (منی) بۆ نزیکی (کۆگایگەورە)ی مەشهوور بە (جمرة العقبة) بۆ ڕەجمکـــردنی شەیتـــان لـــە سبەینێـدا ، وەکـو چـــۆن ڕەهبەرەگەورەکانو پێغەمەرەکـــان : ئـادەمو ، ئیبراهیـمو ، ئیسماعیلو غەیری ئەوانیش لە موزدلیفەوە داپەڕیون بۆ (منی) بۆ بەجێهێنانی ئاداب ٠

جا لەسەر ئەم مەعنایە خیتابەکە عامە بۆ هەموو موسوڵمانان، وە بازێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە : ئەو خیتابە بۆ قەبیلەی قورەیشو چوار قەبیلەی ترە کە وەختی خۆی ئەوان لەو کاتەدا خەڵك لە عەرەفاتا ڕائەوەستان ئەوان لە خاکی (جمع)لە میناداا ڕائەوەستان لەبەر دەمارو خۆبەزلگرتن ئەیانوت : ئێمە ئـەهلی حەرەمی مەککەینو لە خاکی حەرەم دەرناچین ! جا خودا ئەمری پێفەرموون : کە ئێوەیش وەکوباقی موسوڵمانان هەر لە خاکی عەرەفاتدا ڕاوەستن ، جا کـــاتێ هاتنەخوارەوە بۆ موزدەلیفە ئێوەیش لەو شوێنەوە بێنەخوارەوە کە خەڵکی لێی دێنە خوارەوە کە عەرەفاتە ٠ واتە ئێوەیش هەر وەکو خەڵك لە خاکی عەرەفاتدا ڕاوەستنو هەر لەوێوە بێنەخوارەوە ٠

﴿ وَاسْتَغْفِرُوا اللهَ إِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (١٩٩)

کاتێهاتنە خوارەوە داوای چاوپۆشیو تاوانبەخشی بکەن لە

خودا ، چ لە تاوانەکان بەگشتی ، چ لە تاوانی ئادابی جاهیلییەت ئەی قورەیش‌و هاوڕێی قورەیش ؛ چونکی بەڕاستی خودای تەعالا تاوانبەخش‌و میهرەبانە .

﴿ فَإِذَا قَضَيْتُمْ مَنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ﴾ :

جا کاتێ کە ئادابی حەجتان بەجێ‌هێنا ئیتر لەسوپاسی ئەم نیعمەتی یارمەتی خودادا زیکری خودا بکەن بە سۆزی دڵ‌و بەرزی‌و خۆشەویستییەوە وەکو چۆن ناوی باوك‌و باپیری خۆتان ئەبەن‌و صیفاتی چاکەیان لەناو کۆمەڵدا ئەگێڕنەوە ، یاخود بەهێزتر لەو ناوبردنی باوك‌و باپیرە ؛ چونکی باوك‌و باپیرە ئەوەیان پێ‌ناکرێ کە خودا پێی ئەکرێ بۆ ئێوە لە ماوەی ژیانتان‌و لەپاش مردنتان .

ریوایەت کراوە : عەرەبەکان لەپاش تەواو کردنی حەج گردئەبوونەوە لە خاکی میندا لە بەینی مزگەوت‌و کێوەکەداو هەڵیان‌ئەخوێندەوە بە باوك‌و باپیرەی خۆیاندا . خودای تەعالایش بە شێوەی موجامەلە هاتووە مەنعی کردوون لەو پیاهەڵوتنەدا کە قەطعی سوودێکی دامەزراوی نیە مەگەر خۆهەڵنان لە ناو خەڵکا .

﴿ فَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ : رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ ﴾ (٢٠٠)

جا بزانن لە ئادەمیزادە کەسێ کە ئەڵێ : خودایا هەر لە دنیادا بەشمان بدەو یادی پاشەڕۆژ ناکا ، وە ئەم نەوعە کەسە لە پاشەڕوژا هیچ بەش‌و بارەی نیە .

﴿ وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ : رَبَّنَا آتِنَا في الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابِ النَّارِ ﴾ (٢٠١)

وه له ئادەمیزادیشه کەسێ که له کاتی پاڕانەوەدا ئەڵێ:خودایا له دنیادا بەشمان بده له بەشی جوان ، وەکو : لەشساغیو ، عائیلەو منداڵی ڕێكو پێكو ، هێمنی لەئاشووبی ستەمکارو ، دراوسێی ناهەموارو ، ژیواری بەقەی حاڵ ... وه له پاشەرۆژیشا بەشی چاکەمان بدەرێ ، وەکو : مردن لەسەر ئیمانو ، ئاسانی وەزعی گۆڕو ، ئاسانی حسێب له مەیدانی حسێبا ، وه بمانپارێزه له عەزابی ئاگری دۆزەخ .

﴿ أُولَئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِمَّا كَسَبُوا وَ اللهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴾ (٢٠٢)

ئەم کەسانه که لەخودا ئەپاڕێنەوه بۆ دنیاو بۆ قیامەت بەیەکەوه بەشێکی باشیان هەیه له جەزای ئەم دۆعایانا ، وه بزانن خودای تەعالا ئەتوانێ به ماوەیەکی کەم حسێبی عالەم بکا : چونکی زانایه بەهەموو چاکەو خراپەیێ .

﴿ وَاذْكُرُوا اللهَ فِي أَيَّامٍ مَعْدُودَاتٍ ﴾ :

کاتێ که ئەرکانی حەجتان تەواوکرد زیکری خودا بکەن له ڕۆژانی جەژنو پاش جەژنا به (الله اکبر کردن) لەپاش نوێژەکانا وه به سەربڕینی قوربانیو بەسەنگەسارکردنی شەیتان له سێڕۆژەی پاش جەژنا .

﴿ فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ اِثْمَ عَلَيْهِ وَمَنْ تَأَخَّرَ فَلاَ اِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقى و اتَّقُوا اللهَ وَاعْلَمُوا اَنَّكُمْ اِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾ (٢٠٣)

جا ئەگەر کەسێ پەلەی کرد بۆ گەڕانەوەی لە دوای دوو رۆژ لە رۆژانی پاشجەژن ئەوە تاوانی لەسەر نیە لەگـــەڕانەوەدا ئەگەر لە پێش مەغریبی رۆژی دووەما بێ ·

ئیمامی ترمذی ریوایەتئەکا بە سەنـــەدێکی صەحیح لـە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی یەعمورەوە (خ) ئەویش لە حەزرەتەوە (د) (قال : الحج عرفات ، الحج عرفات ، ایام منى ثلاث ؛ فمن تعجل في يومين فلا اثم عليه . ومن تأخر فلا اثم عليه ، ومن ادرك عرفة قبل ان يطلع الفجر فقد ادرك الحج) واتە : گەورەترینی ئادابی حەجو زۆرتریان لەهۆی ئەجرو ثەوابـــەوە راوەستانە لەعەرزی عەرەفاتا ؛ چونکی ئەو راوەستانە گشتییە لە راوەستانی هەموو ئادەمیزاد ئەچێ لە حوزووری خودادا لە رۆژی قیامەتا ، وە لەم عەرەفاتەدا خوای تەعالا کەرەمو میهرەبانیو بەخششی جیلوە پێئەدا بەسەر ئەوانەدا کە راوەستاونو لێیان ئازاد ئـەکا لـە ئاگری دۆزەخ ئەو ژمارەیە کە لە رۆژی ترا نایکا ، وە هەرکەس فریای راوەستانی عەرەفات بکەوێ لەپێش بەرەبەیـانی رۆژی جەژنا ـ با ئەندازەیەکی کەمیش بێ ـ ئەوە ئەو راوەستانەی دروستەو بە حەجەکەیا گەیشتووە ؛ چونکی هـــەر راوەستانی عەرەفاتە کـــە وەختی ئەڕوا · ئـەگەرنا تەوافو گەڕانـــی بەینی سەفاو مەروە وەختیان نافەوتێ ، هەرچەن زۆریش پاش بکەون · ئەوەندە هەیە ، بێعوزر ، باش نیە بکەونـــە پاش رۆژانی (ايام التشريق)ەوە ·

وە ئەفەرموێت : مانەوەیش لە خاکی مینـــادا پاش رۆژی سێرۆژە ، ئەگەر کەسێ هەر سێ رۆژەکە لەوێــدا بمێنێتەوەو هەموو رۆژێ ، پێش زەوال ، رەجمی هەرسێ کۆگاکانی تیـــا بکا ئەوە تەواوە . وە ئەگەر یەکێ پەلە بکاو پاش رەجمی شەیتان لە رۆژی دووەما دەرچێ ئەوە دروستەو تاوانی لەسەر نیــە مادام لەپێش مەغریبدا دەرچێ •

بزانن ! ئەسڵی مەزهەبی ئیمامی شافیعی (خ) ئەوەیە کـــە واجبە لەم سێرۆژەدا رەجمی شەیتان لە هەرسێ کۆگاکانا لەپاش زەوال بێ ، وە لە لای ئیمامی ئەسنەوی ، کە یەکێکە لەزاناکانی مەزهەبی شافیعی ، ئەم سێ رەجمە لەپێش زەوالیشا دروستن ، واتە هەر لە بەرەبەیانەوە دەس بــــکا بە رەجمی شەیتانەکـــان دروستە • وە ئەم فەرموودە دروستە بۆ رەفتاری ئینسان بەنەفسی خۆیو بۆ ئیرشادی موسوڵمانان دروستە ــ بەتایبەتی لە بۆ کەسێ ناساغ بێ یا لاوازو بێهێز بێ ، یا بۆ ژنێ کە بە هۆی حەملەوە یا پیرییەوە لە کۆڕی خەڵکا تووشی ئازار ببێ ، وە یاخود بیمی فیتنەی لێبکرێ لەبەر جوانی • وە لام وایە ئەم فەرموودە بۆ ئەم چەرخە کە قەرەباڵغ ئەگاتە ملیۆن زۆر باشە • وە ئەم باسە لە توحفەدا هەیە •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە

یەکەم : حەج روکنێکە لە پێنج‌روکنەی ئیسلام‌و واجبێکە لە واجباتی دین بە دەلیلی قورئان‌و فەرموودەی پێغەمـــەر (د) وە ئیجماعی زانایانی دین،وە واجب بووە لە سڵی شەشی هیجریدا • وە ئەرکانی حەج لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (خ) پێنج شتە • یەکەم : ئیحرام ، یانی قەسدو نییەتی داخڵ‌بوون لە بەجێ‌هێنانی ئادابی حەج بەو یاسایە کە لە دینا دامەزراوە لە دینی ئیسلاما لە مانگی شەووال یاذیلقەعدە یا لە دەی ئەووەڵی ذیلحەجەدا ، لە یەکێ لەو شوێنانەوە کـــە دیاری‌کـــراون بۆ ئیحرام‌بەستن کـــە عیبارەتن لەم شوێنانە :

بۆ یەکێ لە مەدینەی مونەووەرەوە بڕوا بۆ حەج (ذو الحليفة) کە ئیستە مەشهوورە بە (بیری‌عەلی) ، وە بۆ ئەهلی شام (جحفه) • وە بۆ ئەهلی نەجد (قرن) ، وە بۆ ئەهلی یەمەن (يلملم) • وە بۆ ئەهلی عیراق (ذات عرق) • ئەم شوێنانە هەموو بە فەرموودەی حەزرەت (د) بوون بە جێگەی ئیحرام بەستن بە ئیتیفاقی زانایانی دین ئیللا (ذات عرق) کە میقاتی ئەهلی عیراقە ئـــەوە لەسەر ریوایەتێ بە فەرموودەی حەزرەتەو لەسەر ریوایەتێ حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب بۆی دیاری کردوون • وە لە پاش ئەوە ئیجماعیان لەسەر دامەزراوە وە بۆ کەسێ کە لەو خەتانەوە نەیەت ئەندازەی مەسافەی قەسر بگرێ‌و ئیحرام ببەستێ •

سێهەم لە ئەرکانی حەج : گەڕانە لـــە بەینی (صەفا) و (مەروە)دا کە دوو شوێنن لە نزیکی کەعبەدا بەو مەرجە کە لـــە صەفاوە دەس‌پێ‌بکا وە ڕۆیشتن لە صەفاوە بۆ مەروە جارێکەو

گەڕانەوەیش لە مەروەوە بۆ صەفا جارێکی ترە • وە بەو مەرجە ئەم هاتوچۆیە لەپاش تەوافی کەعبە بێت • وە سوننەتە پاکی لە بێدەسنوێژیو لەشپیسیو سەتری عەورەت •

چوارەم لە ئەرکانی حەج : راوەستانە لە خاکی عەرەفاتدا ، بە پیادە یا بە سواری ، لە پاش کاتی زەوالی رۆژی عەرەفە کە رۆژی نۆهەمی ذیلحەجەیە هەتا طولووعی صوبحی رۆژی جەژنی قوربان •

پێنجەم لە ئەرکانی حەج : سەرتاشینە یا کورتکردنەوەی چەن موویێ لە مووەکانی سەر خۆی بیتاشێ یا شەخسێکی غەیری خۆی ، بەلاَم بە فەرموودەیەکی شافیعی حەلق یا تەقصیر لە ئەرکانی حەج نین بەڵکو لە واجباتن •

وە واجباتی حەج زیاد لەم ئەرکانانە پێنج شتە : ئیحرامبەستنە لە یەکێ لەو میقاتانەوە • شەومانەوەیە لە موزدەلیفەدا ، رەجمی شەیتانی گەورەیە لە سبەینێی رۆژی جەژنا • رەجمی شەیتانە لە هەرسێ کۆگاکانا لە سێ رۆژەی پاش جەژنی قوربانا • سەرتاشین یا کورتکردنەوەی مووی سەر ئەگەر بە روکن حسێب نەکرێن • شەو مانەوە لە میناداا لەم شەوانەدا • تەوافی ویداع (على الراجح) •

وە سوننەتەکانی پێنج شتە ؛ یەکەم : ئیفراد • واتە : پێشخستنی حەج لەسەر عومرە •

دووەم : تەلبییە ، یانی (لبيك)ە کردن لە غاڵبی ئەحوالا ، وە لەفزەکەی ئەمەیە بڵێ : (لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك ان الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك •) وە سوننەتە

که تەلبییەی تەواوکرد سەڵاوات بدا لەسەر حـــەزرەت (د) وە داوای بەهەشت بکا لە خوداو بپاڕێتـــەوە بۆ رزگارکردنی لـــە ئاگری دۆزەخ ٠

سێهەم : (طواف القدوم)ە ٠ واتە : حەوتجار هەڵسووڕان بە دەوری کەعبەدا لەکاتی گەیشتنی بە کەعبە ، وەکو باسمان کرد ، بەڵام ئەمە بۆ ئەو حاجییەیە کە لەپێش راوەستانی عەرەفاتا هاتبێتە مەککەوە ٠

چوارەم : دوو رکات نوێژی تەوافە لـــەپاش تەواوکردنی حەوت تەوافەی کەعبەتوڵلا ٠ وە ئەم دوورکاتە نوێژە لەپشتی مەقامی حەزرەتی ئیبراهیمەوە (د) بکا ٠

پێنجەم : شەومانەوە لە عـــەرزی مینادا کاتێ رۆیشت بۆ عەرەفات ٠

ئەمە بە کورتی باسی حەج بوو ٠

وە ئەمما عومرە : ئەویش لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیـــدا واجبە بەچەن دەلیل ، یەکەم : ظاهیری ئایەتی : (واتموا الحج والعمرة لله) : چونکی ئەمر بەظاهیر بۆ دەلالەت کردنە لەسەر وجووب ٠

دووەم : ریوایەتکراوە لە محەمەدی کوڕی سیرین لە زەیدی کوڕی ثابیت ، لە حەزرەتەوە (د)کە فەرموویەتی : (ان الحج والعمرة فريضتان لا يضرك بأيهما بدأت) ٠

سێهەم : شەخسێکی (صبی) ناو هاتە خزمـــەتی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتابو عەرزیکرد : من گاور بووم‌و موسوڵمان بووم‌و ئاگادار بووم کە حەج‌و عومرە واجبن لەسەرم‌و ئیحرامم

بەست بە هەردووکیان بەیەکەوە •• ئەویش فەرمووی : (هديت لسنة نبيك) •

چوارەم : دارەقوطنی ریوایەتی کردووە لە (ابن جريج) ئەڵێ : نافیع خەبەری پێدام کە عەبدوڵلای کوڕی عومەر ئەیفەرموو : (ليس من خلق الله أحد الا عليه حجة وعمرة واجبتان من استطاع الى ذلك سبيلا ، فمن زاد بعدها شيئا فهو خير وتطوع) • واتە : لە موسوڵمانان کە خودا دروستی کردوون کەسێ نیە حەج و عومرەیەکی لەسەر فەرز نەکرابێ مادام تەوانای ڕێگەی ببێ . وە ئەگەر لەوانە زیدبکا ئەوە خێرە بۆ خۆی کردووە •

پێنجەم : (ابن جريج) ئەڵێ : خەبەرم پێدرا لە عەکرەمەوە کە ئیبنو عەبباس فەرموویە : (العمرة واجبة كوجوب الحج من استطاع اليه سبيلا) : واتە عومرە واجبە وەکو حەج لەسەر ئەو کەسە تەوانای ڕێگەی ببێ •

شەشەم : پرسیارکرا لە زەیدی کوڕی ثابیت (خ) لە عومرەکردن لەپێش حەجدا ، فەرمووی : (صلاتان لا يضرك بأيهما بدأت)[1] •

وە هەرچی ئەرکان بێ بۆ حەج ئەرکانە بۆ عومرە ئیللا ئەوە نەبێ کە راوەستانی عەرەفات نیە لە عومرەدا ، وە هەرکاتێ بەجێبهێنرێ لە ساڵا دروستە •

وە بەهەر حاڵێ لە ماوەی ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە، حەرام ئەبێ لەسەر ئینسان : جیماعکردن ، وە ماچکردنێ کە ئارەزووی نەفس بجووڵێنێ ، وە لێکدانی پێستی لەش بە رووتی

---

(١) تەفسیری قورطبی ، ج : ٢ ، لاپەڕە : ٣٦٨ •

له پێستی ژن ، وه ئاو هێنانەوه ، وه ژنمارەکردن ، وه بێنخۆشیدان له لەشی یا له بەرگی به وێنەی میسكو کافوورو زەعفەرانو گوڵباخو وەنەوشەو رۆنی ئەمانە • وه پۆشینی دەستکێش ، وه پۆشینی نێرینه ــ به تایبەتی ــ هەر بەرگێ بەدروومان دوورابێ، مێزەرو کڵاوو خوفو گۆرەوی ، وه راوکردنو نەچیرگرتنو نەچیرکوشتن • هەتا ئەگەر له ماڵی خۆیا کەو یا تووتی ببێ لەقەفەسدا بەر لەوه ئیحرام ببەستێ یا بەرەڵایان بکا ، یا بیانبەخشێ به کەسێ تا له مولکی دەرچن • هەروا شارەزاکردنی بۆ سەر نەچیرو خواردنی گۆشتەکەییو ، لابردنی موو له لەسەرو ریشو سمێڵو باقی لەش بەعەمدی ، وه نینۆكکردنو رۆندان لەسەر یا له ریش • ئەگەر شتێ لەمانه بکا به عەمدی ئەوه فیدیەی ئەکەوێته سەر موطڵەقا ، وه ئەگەر بەبێ ئاگایی بوو ؛ ئەوه هەر شتێ فەوتاندن بوو وەکو تاشینی مووی سەرو ریش ، یا کوشتنی نەچیر فیدیەی لەسەر واجب ئەبێ ، وه هەرچی لەززەت وەرگرتن بێ وەکو رۆندان لەسەر ئەوه قەی ناکا •

باسی دووەم : بزانن که ئوممەی ئیسلام هاوبیرن لەوەدا دروسته بەجێهێنانی حەجو عومره به سێ جۆر :

یەکەم : (ئیفراد) که بریتییه لەوه ئینسان ئیحرام ببەستێ به حەجو له پاش ئەوه که حەجەکەی تەواوکردو رەجمی شەیتانی کرد له رۆژانی رەجما ئەوجار له مەککه دەرچێ بڕوا بۆ خاریجی حەرەمو لەوێوه ئیحرام ببەستێ به عومرەو بێتەوه بۆ مەککەو تەوافی کەعبه تەواو بکا ، پاش ئەوه سەعی بکا له بەینی صەفاو مەروەدا حەوت جار ، پاش ئەوه سەری بتاشێ یا چەن موویێ کورت بکاتەوه لەسەری ، وه بەمه رزگار ئەبێ له عومرەکەیش •

دووەم جۆریان : (تەمەتوع)ە کە عیبارەتە لەوە لە مانگەکانی حەجدا ـ کە شەووالو ذیلقەعدەو دەی ئەووەڵی ذیلحەجەیە ـ ئیحرام ببەستێ بە عومرە . کاتێ کە عومرەکـــەی تەواوکرد تەحەلول بکاو بە حاڵی عادەتی بمێنێتەوە ، جا لەگەڵ حاجیەکانا ئیحرام ببەستێ بەحەج لە مەککەوە ـ لەعەینی ساڵا ـ وە حەجەکەی تەواو بکا • وە ئەو کەسە کە بە تەمەتوع حەج ئەکا واجبـە لەسەری حەیوانێ وەها بۆ قوربانی بەکاربێ ســـەر ببڕێ ، وە دروستە لەپێش ئیحرام بەحەجدا ســـەری ببڕێ ؛ چونکـە ئەمە فیدیەی عومرەکەیەتی . وە دروستە لە ئەییامی تەشریقدا ، یانی لە رۆژی جەژنا ، یاخود لە یەکێ لە سێرۆژەکـــانی دواییــدا یا پاش ئەوان سەری ببڕێ ، وە واجبە بیدا بە گەدای حەرەمی مەککە ، وە دروست نیە خۆی لێی بخوا ، وە دروستنیە بیدا بە دەوڵەمەندەکانیش •

سێهەم جۆر : (قیران)ە ، وە ئەم شێوە ئەمەیە کە ئیحــرام ببەستێ بە نیەتی حەجو عومرەو ئادابی حەج تەواو بکا وەکو حاڵەتی ئیفراد . یاخود ئیحرام ببەستێ بە عومرەو لە پێش ئەوەدا کە دەست بکا بە تەوافی کەعبە حەجی بخاتـــە پاڵ بەنییەت • ئەمەیش هەر قیرانە • وە ئەم کەسەیش هەم حەیوانێکی لەسەرە کە سەری ببڕێ لە فیدیەی ئەوەدا بە تەنیا ئادابی حەج بە جارێ حەجو عومرەی کردووە • ئەم حەیوانـەیش وەکـو حەیـوانی فیدیەی عومرە وەهایە ، بەڵام لە پێش جەژنا دروستنیە سەری ببڕێ •

وە لەم بەجێهێنانی مەناسیکەدا ئەمەیش هەیە کە ئینسان تەنیا ئیحرام ببەستێ بەعومرە ، واتە عومرە بکاو حەج نەکا ،

ئەمەیش لە هەرکاتێکا ببێ دروستەو هیچی لەسەر نیە ئیللا لە کاتێکا لە ناو ئیحرامی حەجدا بێ وە هێشتا حەجەکەی تەواو نەکردبێ ئەمە ئیحرامی بە عومرە دروستنیە ؛ چونکی ئیحرام بە زەعیف گرد نابێتەوە لەگەڵ ئیحرام[1] بە شتی خاوەن هێز وەکو حەج • هەروا دروست نیە ئیحرام بە عومرە لەپاش هەردوو تەحەلول لە ئیحرامی حەج بەڵام هێشتا رەجمی شەیتانی لە دوو رۆژ لە رۆژەکانی (ایام التشریق) تەواو نەکردبێ • واتە لە رۆژی جەژنا پاش تەواف ، یا لە رۆژی یازدەی مانگدا ، یا لە رۆژی دوازدەی مانگدا پێش زەوال کە هێشتا رەجمی شەیتانی نەکردووە ، بەڵام ئەگەر لە رۆژی دوازدەدا پاش زەوال رەجمی شەیتانی کردو دەرچوو لە مینا ئەمجار ئیحرامی بەست بە عومرە لە خاکی خاریجی حەرەمدا ئەوە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا دروستە بەڵام کەراهەتی هەیەو باش وایە لەپاش سێ رۆژەی (ایام التشریق) ئیحرام بەعومرە ببەستێ •

هەروا سوننەتە تەوافی کەعبەتوڵڵا بەبێ ئەوە کە تەوافی حەج بێ یا تەوافی عومرە بێ بە قەسدی عیبادەت ، سا تەوافەکانی جارێ یا دوو جار بن یا زیاتر • بەڵکو بازێ لە فوقەها ئەم تەوافەیان لەلا لە نوێژکردن (یسوننەت) گەورەترە • وەکو لە حاشیەی شێخ سولەیمانی جەمەل لەسەر شەرحی مەنهەجو لە شەرحی (ابن حجر) بۆ ئیضاحی نەوەویدا نووسراوە •

---

(١) ئەو شێوە لە خاصەی حەزرەت بووە (د) لە (حجة الوداع)دا • هەروا نەسخی حەجو کردنی بە عومرە بۆ ئەصحابەکان •

باسی سێهەم لەباسە موهیممەکانی ئەمەیە : زانایانی ئیسلام لە موحەدیثین و فوقەها ئیختیلافیان لەمەدا هەیە کـــام شێوە لـــە سێ شێوەی حەجکردن گەورەترە : بازێکیان وەکو ئیمامی شافیعی لەوتاری بە هێزیا وە مالیك فەرموویانە : ئیفراد گەورەترە • بازێ تریان وەکو ئەحمـــەدی کـــوڕی حەنبـــەل فەرموویەتی : (تەمەتوع) گەورەترە • وە بازێ وەکو ئەبووحەنیفە فەرموویەتی: قیران گەورەترە • وە ئەو خیلافە دامەزراوە لەسەر ئیختیلافیان لەحەجی حەزرەتا (د) لە ساڵی دەی کۆچی کە مەشهوورە بە (حجة الوداع) ئایا کام لەو سێ جۆرە بووە ، وە هەرکام تەرجیحی یەکێکیان داوە •

بەڵام شێخی نەوەوی (خ) لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا (خ) فەرموویە : راستەکەی ئەوەیە کە حەزرەت (د) ئەووەڵجار کە ئیحرامی بەست هەر ئیحرامی بە حەج بەستو (موفرید) بوو ، بەڵام پاش ئەوە ئیحرامی بەعومرەیش بەست عومرەی خستە سەر حەجەکەی و حەجەکەی بوو بە قیران •

وە ریوایەتەکانی ئەصحابەی پێغەمەر (د) لە سیفەتی حەجی حەزرەتا موختەلیف بوون : ئایا بە شێوەی قیران بووە ، یا بە ئیفراد ، یا بە تەمەتوع ؟ وە دوو ئیمامانی حەدیث ، بوخاری و موسلیم (خ) ریوایاتی ئەصحابەکانیان وەها گێڕاوەتەوە •

وە رێگەی جەمع لە بەینی ئەو ریوایەتانەدا ئەوەیە باسمکرد: حەزرەت لە ئەووەڵەوە (موفرید) بووە دوایی بوو بە (قارین) ، جا هەرکەسێ ریوایەتی ئیفرادی کردووە ئەوە لەسەر ئەصڵە ، وە هەرکەسێ ریوایەتی قیرانی کردووە ئیعتیمـــادی داوەتـــە ســـەر ئەنجامی شێوەی حەجەکە • وە کـــەسێ ریوایەتی تەمەتوعی

کردووه مەبەستی تەمەتوعێ بە گوێرەی لوغەتو زمانی عەرەبی بووە کە بریتییە لە سوود وەرگرتنو ئاسایشگرتن • وەکو ئاسایشی ئەو کەسە کە لەسەر شێوەی تەمەتوع حەج ئەکا لەگەڵ زیادەییێکا کە حەزرەت (د) ئیقتیصادی کردووە لەسەر یەك عەمەلییە وەکو یەکێ بە قیران حەج بکا • وەبەم یاسا حەدیثەکان هەموو رێك ئەوەستن •

وە بزانن کە ئەبو محەمەد = ئیبنوحەزمی زاهیری جەمعی کردووەتەوە لە بەینی ئەو حەدیثانەدا لە کتێبێکا تەسنیفی کردووە لە باسی (حجة الوداع)دا ، وە داوای ئەوەی کردووە کە حەزرەت (قارین)بووەو حەجەکەی بە شێوەی قیران بووە ، وە باقی حەدیثەکان ، کە موخالیفی ئەمە بوون ، تەئویلی کردوون • بەڵام راستەکەی ئەوەیە کە من لەپێشەوە بەیانم کرد کە حەجەکەی لە ئەووەڵەوە ئیفراد بووە پاشان بووە بە قیران • وە ئەمەم روون کردووەتەوە لە شەرحی (مهذب)دا بە دەلیلەکانەوە . وە بەهۆی رێگەی ئیسنادی حەدیثەکەوەو بە فەرموودەی زاناکانەوە ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەم باسەوە •

وە ئیمامی شافیعیو رەفیقەکانی ــ واتە تیلمیذەکانی ــ (خ) دەلیلیان هێناوەتەوە لەسەر بەهێزکردنی شێوەی ئیفراد لە حەجی حەزرەتا (د) بەوە کە ئەم شێوە ثابتبووە بە بێگومان لە ریوایەتی جابیرو ئیبنو عومەرو ئیبنو عەبباسو عائیشەوە (خ) • وە ئەم زاتانە ئیمتیازیان بووە لە باقی ئەصحابەکان لە (حجة الوداع)دا • ئەمما جابیر ئەوە بزانن کە جوانترینی ئەصحابەکان بووە لە ریوایەتی حەدیثی (حجة الوداع)دا ؛ چونکی ئەو باسی ئەم حەجەی کردووە لەکاتی دەرچوونی حەزرەت (د) لە

مەدینەوە هەتا ئەنجامی ئەو حەجە ، کەوابوو دەرکەوت کە جابیر زۆر باش زەبتی ئەو سەفەرەی کردووە لە غەیری خۆی ٠

وە ئەمما ئیبنو عومەر (خ) ئەوە ثابتبووە کە لەغـــاوی وشترەکەی حەزرەتی بەدەستەوە بووە لــە سەفـــەری (حجـة الوداع)دا وە ئینکاری قسەی ئەو کەسانەی کردووە کە تەرجیحی قسەی ئەنەسیان داوە بەسەر قسەی ئـــەوا ، وە فەرموویەتی : ئەنەس هاتوچۆی ناو ژنانی ئەهلی حەجی ئەکردو من لەژێر ملی وشترەکەی حەزرەتا بووم ، لیکی دەمی وشترەکەی ئەیدا لەگیانمو لەحەزرەتم ئەبیست (لبيك)ەی ئەکرد ٠

وە ئەمما عائیشە (خ) ئەوە نزیکی لە حەزرەتەوە (د) مەعلووم بووە . هەروا ئاگاداریشی لەسەر ئەحوالی حەزرەت (د) چ ئەوەی پەنامەکی بووەو چ ئەوەی دیاری بووە لەگەڵ شارەزاییو زانایی زۆری بەئەحکامی دینو زیرەکی بێئەندازەی ٠

وە ئەمما ئیبنو عەبباس (خ) ئەوە پایەی لە عیلمو زانستی ئەحکامی دیناو لە زیرەکی دیارییە . لەگەڵ ئەمەیشا کە زۆر باسی ئەحوالی حەزرەتی کردووە (د) بە نەوعێ کەس بە قەی ئەو بازەئەحوالێـکی وەرنەگـرتووە هـەروا ئەحـوالی حـەرزەتی لەگەورەی ئەصحابەکان وەرگرتووە (خ) ٠

وە لە دەلایلی تەرجیحی ئیفراد ئەمەیە کە خولەفای راشیدین لە پاش وەفاتی حەزرەت (د) هەرچی حەجیان کردووە بەشێوەی ئیفراد کردوویانە ، وە دەوامی ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان هەر لەسەر ئیفراد بووە ، بەڵام عەلی بە ئیفرادو غەیری ئیفراد حەجی کردووە ٠ جا ئەگەر ئیفراد گەورەتر نەبوایە وە نەیانزانیبایێ

کە حەزرەت (د) ئیفرادی کردووە وەها دەوامیان لەسەر ئیفراد نەدەکرد • وە چلۆن ئەگونجێ بۆ خولەفای راشیدین دەوام بکەن لەسەر خیلافی رەفتاری حەزرەت(د)؟!وە ئەمما ئەو موخالەفەیە کە لە شێوەی حەجدا ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە (خ) وە لە غەیری ئەویشەوە لە ئەصحاب •• ئەوە هەر بۆ نیشـــاندانی دروستی غەیری ئیفرادیشە • وە لە صیحاحدا هەیە ئەوەی ئەم قسانە رووناك ئەكاتەوە بە جۆرێ گومان نەمێنێ •

وە لە دەلیلی تەرجیحی ئیفرادە کە بە ئیجماع پێویست نیە بە حەیوان سەربڕین وە ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کـــە شێوەیەکی تەواوەو بێ نوقسانە • بەلاّم حەیوانسەربڕین واجبە لە شێوەی تەمەتوعو قیراندا ئەو خوێنەیش خوێنی تۆڵەی نوقسانە؛چونکی لە تەمەتوعدا میقاتی ئیحرامی حەج ئەفەوتێ.وە لە قیراندا دوو عیبادەت واتە : حەجو عومرە بە یەك عەمەلییە تەواو ئەکرێن • وە دیارە شتێ تۆڵەی نەوێ گەورەترە لە شتێ تۆڵەی پێویست بێ • لەگەڵ ئەوەشدا هەرسێ شێوەکە دروستنو حەزرەت (د) ئیعلانی کرد بۆ ئەصحابەکان بەلاّم لەبەر ئەوە کە قورەیش لە مانگەکانی حەجدا عومرەیان پێ خۆش نەبوو ، وە حەزرەت ویستی ئەو یاسا هەڵبگرێ لەناودا کاتێ گەیشتن ئەمری کرد بە ئەصحابەکـــان هەرکەسێ کە حەیوانی دیاری نەهێناوە لەگەڵ خۆیا حەجەکەی فەسخ بکاتەوە بە عومرە • وە ئەمەیش هـــەر لە ئیختیصاصی ئەصحابەی پێغەمەر بووە • وە بۆ کەس لەپاش ئەوان دروست نیە • وە ئەوە کە حەزرەت لەپاش ئەوە پرسیاری لێ کرا : ئەمە هەر بۆ ئیمســاڵە یـا هــەتاهەتایـــە ؟ ئەویش فــەرمــووی : هەتاهەتایە ••• ئەوە ئیمامی نەوەوی ئەفەرموێت : مەعنـــای

دروستبوونی عومرەیە لە مانگی حەجدا دروستە هەتاهەتایە نەك فەسخکردنەوەی حەج و کردنی بەعومرە ؛ چونکی ئەوە هەر لەبۆ ئەو ساڵە بووە ٠

وە حەزرەت خۆیشی مەیلی لەسەر ئەوە بووە حەجەکە بکا بە عومرە بەڵام لەبەر ئەوە نەیکردووە کــــە حەیوانی (هــەدی)ی هێنابوو لەگەڵ خۆیا ، وە بە نەصی ئایەت کەسێ هەدیی هێنابێ نابێ وەزعی خۆی بگۆڕێ هەتا ئەعمالی ئەو ئیحرامەی تەواو ئەکاو حەیوانەکەی سەرئەبڕێ ٠ وە هەر لەم ریوایەتەیشــەوە دەرئەکەوێ کە حەزرەت (د) حەجەکەی ئیفراد بووەو تەمەتوع نەبووە وەکو ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیمدا فەرموویەتی ٠

وە ئەو تەمەتوعە کە حەزرەتی عومەرو عوسمان مەنعیان کردووە ئەم نەوعە تەمەتوعە بووە کە فەسخی حــەج بکەنەوە بەعومرە وەکو ئەصحابەکانی حەزرەت (د) لــــە ساڵی (حجــة الوداع)دا ؛ چونکی ئەوە لە خاصەی ئەوان بووە لەو ساڵەدا وەکو بەیانمان کرد ٠

وە بازێ فەرموویانە : ئەگەر هەر تەمەتوعی مەشهووریش بێ هەڵئەگرێ لەبەر ئەوە مەنعی کردبن کە دەرکی کــــردووە حاجیەکان بۆبە بە شێوەی تەمەتوع حەج ئەکەن لەو ماوەی بەینی عومرەو حەجەدا رابوێرن و بە عیبادەتکردنەوە مەشغووڵ نەبن ٠ وە ئەم شێوەیشی بە موناسبی ئەصحابەی حەزرەت نەدیــــوە لەو سەرەتای ئیسلامەدا ؛ چونکی مادام هەر لە سەرەتای ئیسلامدا شێوەی عیبادەت باش راگیرنەکرێ بۆ قەرنی دوای ئەوان خەڵکی بەجارێ بەرەڵا ئەبن . وە ئیمامی ئیسلام رەوایە بۆی لەســـەر ئیجتیهادی دینی بازێ وەزعی موبــــاح مەنــع بکــا ٠ حەتــا با

سوننەتیش بێ لەبەر ئەوە مەنعەکە لەبەر ریعایەتی حودوودو یاساو کەرامەتی دینی ئیسلامە ٠

ئاگاداربن لەپاش فەرزکردنی حەج‌و عومرە لە دینی ئیسلاما حەزرەت (د) سێ عومرەی‌کردووە هەموویان لە مانگی ذیلقەعدەدا بوون ؛ یەکەم : (عمرة القضا) کە لە ساڵی حەوتی هیجریدا حەزرەت‌و یارانی بەجێیان هێنا ٠ دووەم عومرەی ساڵی هەشتی هیجری لەپاش فەتحی مەککەی موکـــەڕەمەو لەپـاش جەنــگی (حنین)و بەشکردنی غەنایم کە گەڕایـــەوە بۆ شاری مەککــە لە(جعرانە)و ئیحرامی بەست بەعومرە ٠ سێهەم : ئەو عومرەیە کە لە ساڵی حەجی وەداعدا لەگەڵ حەجەکەیا کردی ، بینا لەسەر ئەوە کە حەجەکەی بە شێوەی ئیفراد بووە ، وە ئەگەر ئـــەو عومرەی حودەیبییەیش حسێب بکەین کە قورەیش نەیانهێشت تەواوی بکاو حـــەزرەت‌و یارانـــی حەیوانیـــان سەربـــڕی‌و تەحەللولیان‌کرد ٠٠ ئەوە عومرەکان ئەبن بەچوار ٠

وە ئەمما حەجی حەزرەت (د) لەپاش فەرزبوونی حەج ئەوە یەك حەج بووە لە ساڵی دەی هیجریدا کە مەشهوورە بە (حجة الوداع) لەبەر خواحافیزی‌کردنی لە بەیتوڵلا ٠ وە ئەمما حەجی یا عومرەی لەپێش هیجرەتدا وە لەپێش فەرزبوونیاندا ئـــەوە زاناکان ئەڵێن زۆر جار بوون ٠ والله اعلم ٠

باسی چوارەم : باسی فیدیەیە کە واجب ئەبێ لەسەر ئەهلی حەج‌و عومرە بە هەڵکەوت ٠ بزانن ئەم فیدیە بەسێ شێوەیە :

یەکەم : یەك موددە لە قووت ، ئەمەیش فیدیەیە بۆ کوشتنی نەچیرێ لە ماوەی ئیحراما ، یا لە حەرەما ، یا بۆ بڕینی گیایێ ٠

بەم مەرجە قیمەتەکەی لە موددێ زیاتر نەبێ • وە بۆ لابردنی یەك مووە ، یا بازێك لە موویەك • وە بۆ بڕینی نینۆك یا بازێکی لە ئیحراما بەم مەرجە مانەوەیان زیانی نەبێ ، وەکـــو مووی ناوچاو یانزیکی چاو یا نینۆکی شکاو ، ئەمانە فیدیەیان نیە • وە بۆ تەرکی مانەوەی شەوێ لە شەوانی رۆژانی پاش جــەژن لە خاکی مینادا بەبێ عوزر ، وە بۆ تەرکی فڕەدانی تاقە فەردێ لە حەوت بەردەکانی رەجمی شەیتان •

دووهەم : دوو موددە ، ئەمەیش بۆ لابردنی دوو مووە یا بازێکیان یا بڕینی دوو نینۆکە یا بازێکیـان • وە بۆ کوشتنی نەچیرێ لە ماوەی ئیحراما یا لە خاکی حەرەمدا ، وە بڕینی دار بەم شەرتە کە قیمەتەکەیان لە دوو مودد زیاتر نەبێ ، وە بۆ تەرکی مانەوەی دوو شەو لە شەوەکـــانی (ایام التشریق) لە مینادا ، وە بۆ تەرکی فڕەدانی دوو بەرد لە بەردەکانی رەجمی شەیتان •

سێهەم : خوێنە ، واتە حەیوانسەربڕین • ئەمـــەیش بۆ کوشتنی نەچیرێ لە حەرەما یا لە ماوەی ئیحراما ، وە بۆ شێوەی تەمەتتوعو شێوەی قیران لە حەجا ، وە بۆ تەرکی ئیحرامبەستن لە میقاتا ، وە بۆ لابردنی سێموو یا زیاتـــر ، وە بۆ بڕینی سێنینۆك یازیاتر بەجارێ • ئەنا ئەگەر ناوبەناو بوون ئەوە بۆ هەر موویێ یەك مودد ، وە دوو موو یا دوو نینۆك دوو مودد واجبە نەك حەیوان سەربڕین •

وە بۆ خۆبۆنخۆشکردن • وە بۆ بەرگی دووراو لەبەرکردن ، وە داپۆشینی جێگەیێ کە واجبێ رووتبێ وەکـــو دەستو

دەم‌وچاوی ژن .. جا ئەگەر هات چەن‌بەرگی بەجارێ کردەبەر ئەوە ئەگەر لە درێژی‌و کورتیدا وەکو یەك بوون هەر حەیوانێکی ئەکەوێتە سەر ، ئەگەرنا بۆ هەر بەرگێ حەیوانێ ئەکەوێتە سەری.وە بۆ تەرکی مانەوەی موزدەلیفە هەرچەن یەك دەقیقەیش بێ لە نیوەی دووهەمی شەودا ، وە بۆ تەرکی رەجمی شەیتان لە رۆژی جەژنا ، وە تەرکی رەجمی هەرسێ کۆگاکان لە ئەییامی تەشریقا هەرسێ رۆژەکان یا دوو رۆژ بۆ ئەوانە ئەیانەوێ پەلە بکەن . خواه هەموویان تەرك بکا ، یا یەکێکیان ، یا سێ بەرد لە یەکێکیان ، یا لە هەموویان ؛ چونکی هەموو وەك یەك رەجم حسێب ئەکرێن . وە بۆ بڕینی دارێکی گەورە لە ئیحراما کە قیمەتی لە دوو مودد زیاتر بێ . وە بۆ فەوتانی حەج بەهۆی لە دەس‌دەرچوونی راوەستانی عەرەفە ، وە یا بە هۆی جیماعەوە ... ئەمانە پێویستە حەیوانێ سەربڕن‌و تەحەللول بکەن . وە بزانن خوێنی جیماعی جیماعی ئیفسادی حەج (بدنە)یە ، واتە وشترێکی پێنج‌ساڵ . وە فیدیەی نەچیر ئەبێ میثلی ئەو بێ . وە بۆ دازی گەورە ئەبێ گایەکی دووساڵ بێ . وە باقییەکان هەر حەیوانێ بێ بۆ قوربانی بشێ .

باسی پێنجەم ئەمەیە : سوننەتە بۆ کەسێ دەستی بڕوا حەیوانی هەدی لەگەڵ خۆیا بباو لە حەرەمی مەککەدا سەری ببڕێ بۆ موسوڵمانان . وە ئەمە گەداو دەوڵەمەند دروستە لێی‌بخوا ، وە کاتی سەربڕینی وەکو قوربانی وایە شوێنەکەی حەرەمی مەککەیە ؛ شار بێ یا غەیری شار بەڵام خاکی مینا باشترە .

وە غەیری ئەمەیش حەیوان سەربڕینی واجب هەیە ، ئەمە دوو بەشە :

یەکەم : مەندوورەیە ؛ یانی کابرا نەزریکردووە لەسەر خۆی کە سەری ببڕێ لەویا • وە ئەمە دروست نیە نە دەوڵەمەند لێی بخواو نە کابرا خۆی . وە نە ئوصوولو فورووعی ، وە کاتی سەربڕینی وەکو قوربانی وایە ، وە شوێنەکەیشی حەرەمی مەککەیە کە بریتییە لەشاری مەککەو چەن کیلۆمەترێ لە خاریجی شاری مەککە • وەکو لە شەرعا بەیانکراوە •

بەشی دووهەم : فیدیەیە ؛ واتە سەری ببڕێ لەکەفارەتی کردنی کردەوەیێ لەوانە کە لەماوەی ئیحرامدا حەرامن • وە یا لە کەفارەتی تەرکی واجبێ لە واجباتی ئەم حەجو عومرەیە کە لە پێشەوە باسمانکردن . وە ئەم خوێنانە چوار نەوعن :

١ ــ خوێنی تەرتیبو تەقدیر ، واتە هەتا مومکین بێ حەیوان سەربڕێ دروست نیە بڕوا بۆ شتی تر ، وە ئەو شتەی تر نابێ بگۆڕێ • ئەمە خوێنی تەمەتتوعو قیرانو فەوتانی حەجە . وە خوێنی تەرکی واجبێکە لە واجباتی حەج یا عومرە پێویستە کابرا حەیوانێ سەربڕێ ، وە ئەگەر لەوێ بۆی رێنەکەوت هەرچەن لە وڵاتی خۆیشیا دەوڵەمەند بێ ئەبێ سێ رۆژ لەوێ بەڕۆژوو بێ غەیری ئەییامی تەشریق ، وە حەوت رۆژیش کاتێ گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی •

٢ ــ خوێنی تەرتیبو تەعدیلە ؛ واتە هەتا بۆی مومکین بێ ئەبێ حەیوان سەربڕێ ، کە مومکین نەبوو پێویستە دوو پیاوی عادلو زانا قیمەت دانێن بۆ ئەو حەیوانە وە بەو قیمەتە خواردەمەنی بسێنێ بۆ گەداکانی حەرەمی مەککە ، وە هەر گەدایێ موددێکی پێدا • وە ئەگەر ئەم قیمەتەی پێنەدرا لەبەر گەدایی

لەباتی هەر موددێ لەو موددانە رۆژێ بەڕۆژوو بێ ئەمە خوێنی جیماعێکە ئیفسادی حەج یا عەمرە بکا وە خوێنی تەحەللولی ترسی دوژمنە •

٣ ــ خوێنی تەخییرو تەقدیرە ؛ واتە خوێنەکە واجب نیە بە هەموو حاڵێ، بەڵکو ئەتوانێ حەیوانێ سەرببڕێ، وەیا قیمەتی ئەو حەیوانە بدا بە خواردەمەنی بۆ گەداکانی حەرەمی مەککە ، وە ئەگەر ئەمەی نەکرد لە باتی هەر موددێ رۆژێ بەڕۆژوو بێ • ئەمە خوێنی پۆشینی بەرگە لە ئیحراما وە یا خۆبێنخۆشکردن وە یا سەرچەورکردن یا ڕیشچەورکردن یا تاشین وە یا لابردنو کورتکردنەوەی موو وە نینۆككردن وە یا جیماعێ کە ئیفسادی حەجەکە نەکا وەکو جیماعێ لە پاش جیماعی یەکەمی موفسید • وە یا جیماع لە بەینی تەحەللولی ئەووەڵو دووەم لە حەجدا یا موقەددیماتی جیماع وەکو ماچکردنی ژن بە بێپەردە لە بەینی کابراو رووی ژنەکەداو هێنانەوەی ئاوی خۆی بەدەستی خۆی یا دەستی غەیری خۆی پەردە لەبەیندا ببێ یا نەبێ •

٤ ــ خوێنی تەخییرو تەعدیلە ئەمەیش نەچیرکردنە لە ماودی ئیحراما وە خوێنی بڕینی داری حەرەمی مەککەیە •

وە لە مەزهەبی شافیعیدا (خ) هەر حەیوانێ سەریببڕن لە فیدیەی کردنی حەرام یا تەرکی واجبێ لە واجباتی حەج یا عومرە •• ئەوە شوێنی سەربڕینیان خاکی حەرەمی مەککەیە ، بەڵام وەختیان مەحدوود نیە ، هەر کاتێ بێ باشە ، بەڵام لە ئەییامو تتەشریقدا خێری زۆرترە •

وە ئەم حەیوانی فیدیە کە سەری بڕی ــ خۆی یا بە وەکیل ــ

دروست نیە بەجێی بێڵێ وەکو ئیستە کراوە بە عادەت • بەڵکو واجبە تەسلیمی فەقیری بکا ، یا هەمووی یا پارچە پارچە • جا ئەگەر لە مەوسیمی حەجدا گەدا نەبوو وەری بگرێ واجبە ئەو حاجییە پارە بدا بە کەسێکی ئەمین و بیکا بە وەکیل کە لە پاش مەوسیمی حەج حەیوانەکە بسێنێ و سەری ببڕێ و بیدا بە داماوانی خاکی حەرەمی مەککەی موکەڕڕەمە (زادها الله شرفا) •

﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ﴾ :

لەم کۆمەڵە ئادەمیزادەیە کە هاتوچۆ ئەکەن بۆ لای تۆ ئینسانی وا کە ئەوەندە واتەشیرین و رەوانە کاتێ قسەئەکا لە بابەتی دنیاو ژیانی دنیاوە قسەکانی تۆ ئەخاتە تەعەجوبەوە !

﴿ وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ ﴾

وە خودا ئەکا بە شاهیدی خۆی لەسەر ئەوەی وا لە دڵیا بەرابەر بە پێغەمەرو یارانی ، وە داوای ئەوە ئەکا کە ئێوەی خۆش ئەوێ و موسوڵمانەو ساغە لەگەڵتانا •

﴿ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ﴾ (٢٠٤)

وەلحال ئەو کەسە لەهەموو دوژمنەکانتان سەختترو نابارترەو دوژمنایەتییەکەی لەگەڵتانا زۆر زۆر سەختە •

﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ ﴾ (٢٠٥)

وەكاتێ پشتی هەڵكردو دووركەوتەوە لێتان تێ ئەكۆشێ بە ئەنواعی رێگەی فڕوفێڵ بۆ ئەوە ئیفساد بكا لەعەزراو رێبگرێ لەخەڵكو كشتوكاڵ بفەوتێنێ ، وە نەتەوەی ئادەمیزادی بێدەست نەیەڵێ ، وە بەڕاستی ئاگادار بن خوای تەعالا كردەوەی فەسادی خۆش ناوێو خاوەن فەسادەكەیش زیاتر ٠

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُ : اتَّقِ اللَّهَ ﴾ :

كاتێ لە لایەنی خێرخواهێكەوە پێی بوترێ : لە خودا بترسەو دەس لەم كردەوە نابارانە هەڵبگرە ٠

﴿ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ ﴾ :

خۆپەرستی دەماری نەفسی ناپاكی بەگوناهكردن ئەیگرێ ، واتە : زیاتر شێتگیر ئەبێ لەسەر كرداری ناشیرین ٠

﴿ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴾ (٢٠٦)

دەی با بەسی بێ دۆزەخو ئاگری دۆزەخ ، و خراپ ئارامگایەكە دۆزەخ ٠

سودەی و غەیری ئەو لە موفەسسیرەكان فەرموویانە : ئەم ئایەتانە نازڵبوون لە شانی (اخنس بن شريق)دا كە پیاوێكی قسەشیرینو شێوەجوان بوو ، وە لە پاش واقیعەی (بەدر)هات بۆ حوزووری پێغەمەر (د)ئیسلامییەتی خۆی دەربڕێ ، وە ئەیوت : خودا ئەزانێ كە راستم لەگەڵتانا ! پاش ماوەیێ رای‌كردو رابورد بەلای بازێ كشتوكاڵو بازێ حەیوانا كشتوكاڵەكەی سووتاندو حەیوانەكانی پەی‌كرد !

وه ئیبن‌و عه‌بباس فه‌رموویه‌تی : نازڵ بوون له‌و یارانـــه‌دا که شه‌هیدکران له غه‌زای (ره‌جیع)دا وه‌کوو عاصمـــی کوڕی ثابت‌و خوبه‌یب‌و غه‌یری ئه‌وان ٠٠ منافه‌قه‌کان وتیان : ئه‌ی‌هاوار ئه‌و داماوانه نه فریای ئه‌وه که‌وتن خزمه‌تی دینه‌که‌یان بکه‌ن وه نه له‌ناو ماڵ‌و منداڵی خۆیانا دانیشتن !! مه‌به‌سیان ئه‌وه بوو که دڵی موسوڵمانه‌کان بشکێنن‌و ساردیان بکه‌نه‌وه له جیهـادکردن‌و خزمه‌تی دین ٠

وه بازێ موفه‌سسیرین ئه‌ڵێن : نازڵ‌بوون له شانی هه‌مـــوو که‌سێکدا که ئه‌و سیفه‌تانه‌یان تێدابێ ٠

﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللهِ وَاللهُ رَؤُفٌ بِالْعِبَادِ ﴾ (٢٠٧)

له ئاده‌میزادیشه که‌سێکی وا که رۆحی خـــۆی ئه‌کڕێ [١] له‌به‌ر داوا کردنی ئه‌وه که خودای لێ رازی بێ وه خودای ته‌عالا میهره‌بانه به به‌نده‌کانی خۆی ، به تایبه‌تی به موخلیصه‌کانیان ٠

وتراوه : ئه‌م ئایه‌ته نازڵ‌بووه له شانی (صوهه‌یب)ی کوڕی سینانـدا کاتێ کۆچی کرد له مه‌ککه ویستی بڕوا بۆ مه‌دینـــه‌ی مونه‌ووه‌ره ٠٠ مه‌ککه‌یی رێگه‌یان لێ‌گرت‌و هه‌ڕه‌شه‌یان لێ‌کردو وتیان: نایه‌ڵین بڕۆی بۆ مه‌دینه هه‌تا پێمان نه‌ڵێیت که پاره‌وماڵه‌که‌ت له‌کوێ شاردووه‌ته‌وه ، ئه‌ویش هه‌رچی هه‌بوو پێیدان له‌ســـــه‌ر

---

(١) مادام کافره‌کان زاڵ‌بوون به‌سه‌ر صوهه‌یبا ، وا رۆحی که‌وته ده‌ستی ئه‌وان ، وه مادام صوهه‌یب به‌پاره‌و ماڵه‌که‌ی رزگار بوو وا رۆحی کڕییه‌وه له‌و کافرانه به‌و پاره‌و ماڵه ٠

پەیمانی ئەوە رزگاری بکـــەن بڕوا بـــۆ مەدینەی مونەووەرە (زادها الله شرفا) • جا کاتێ ئەو لە رێگەدا بوو ئەم ئایەتـــــە هاتەخوارەوە لە شانی ئەوو وێنەی ئەوا • وە کاتـــێ گەیشتنـــە مەدینەی مونەووەرە ئەبوبەکرو عومەرو گەلێ لە ئەصحابەکـــان ئیستیقبالیان کرد ، وە ئەبوبەکر پێی فەرموو : موعامەلەکـــەت سوودی زۆری پێدایت • وە ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە • (مـــع العلم) عوموومی ئایەتەکە رووئەکاتە هەموو ئەوانە گیـانبازی ئەکەن لە رێگەی خودادا ، خواه بە غەزاکردن وە یا بە ئەمـــر بەچاکەو نەهی لەخراپە وە بە دەسبەرداربوون لە ماڵی دنیا لەبەر رەزای خودای تەعالاو بەرزکردنەوەی دین •

وە بازێ فەرموویانە : هۆی نازڵبوونی ئەم ئایەتە ئەمە بوو کافرەکانی قورەیش داوایان کرد لە حەزرەت (د) کە چەن کەسێ لە یارانی رەوانە بکا بۆیان قورئانیان فێربکەن ، ئەمیش خوبەیبی کوڕی عەدیو زەیـــدی دیثینـــەو عەبدوڵلایکوڕی طاریـــقو مەرثەدی کوڕی ئەبو مەرثەدی غەنەویو خالیدی کوڕی بەکـــرو عەبدوڵلای کوڕی طاریقی شەهابی بەلەویو سێ کەسی تری نارد بۆلایان ، وە عاصمی کوڕی ثابیت ـ باپیری عاصمی عومـــەری کوڕی خەطاب لە دایکەوە ـ یکرد بە ئەمیر لەسەریان •

ئەوانیش رۆیشتن تا گەیشتن بە (فەدفەد) لەوێدا کۆمەڵـــێ لە بەنی طەی کەوتنە شوێنیان کاتێ پێیان گەیشتن تەئمینیـــان کردن پاش ماوەیێ غەدریـــان کردو هـــەموویان کوشتن ئیللا خوبەیبو زەید • ئەم دوانەیان هێنا بۆ مەککە • خوبەیبیـــان فروشت بە کوڕەکانی حارثی کـــوڕی عامیر ؛ چونکـــی خوبەیب

لەبەدردا حارثی كوشتبرو ، وە زەیدیشیان فرۆشت بە صەفوانی كوڕی ئومەییە : چونكی باوكی كوژرابوو ئەویش زەیـــــدی تەسلیمكرد بەخزمەتكارەكەی هەتا بیبا لە (تەنعیم)دا ـ كـــــە خاریجی عەرزی حەرەمە ـ بیكوژێ ، وە تاقمێ لە قورەیش هاتن بە دەوریانا حازر بوون كە ئەبوسوفیان لەناویانا بوو ، جا بانگی كرد لە زەید ، لەو كاتەدا كە هێنایان بۆ كوشتن : قەسەمت ئەدەم بەخودا ! حەز ئەكەی كە محەمەد ئیستە لە جێگەی تۆدا بوایەو تۆ رزگار ببوویتایەو لەناو ماڵو منداڵی خۆتا بوویتایێ ؟ ئەویش وتی : وەڵڵاهی حەز ناكەم دڕكێ بدا لە پێی محەمەد لەجێگەكـــەی خۆیداو من لەماڵی خۆما بووبمایە . ئەبوسوفیان وتی : كەســــم نەدیوە وەكوو محەمەد كە ئەصحابەكانی خۆشیان بوێ ! جـــــا (فسطاط) خزمەتكاری صەفوان زەیدی شەهیدكرد ٠

وە كاتێ كە خوبەیبیان هێنا بۆ كوشتن وە بیكەن بـــە دارا ئیذنی خواست لە كفرەكان تا دوو ركات نوێژ بكاتو ئەوســـــ بیكوژن ، وە پاش نوێژەكەی وتی : ئەگەر ئێوە نەتانوتایە لـــــە ترسی كوشتن نوێژەكەی درێژ ئەكا حەزم وابوو نوێژەكـــــەم درێژتر بێ ٠ ئەمە ئەووەڵ كەسێكە لەپێش كوشتندا نوێـــــــژی كردووە ، وە لەپێش كوشتنیا وتی : یارەببی كەسم دەس ناكەوێ كە سەلامم بگەیەنێ بە محەمەد ، خودایە تۆ سەلامی منی پێ بگەیەنە وە ئەم شیعرەی خوێندەوە :

ولست ابالي حـــين اقتــل مســـــلما
على أي شق كــــان في الله مضجعـــي

جا عەقەبەی كوڕی حارث بەدەستی خۆی كوشتی ٠ وەكچی

حارث وتوویەتـــی : لەوکاتـــەدا خوبەیب لـــە ماڵی ئێمەدا کۆتکرابوو خورمای ئەخوارد لە کاتێکا لەشاری مەککەدا خورما نەبوو • وەلحاصل لە پاشا هەڵیاناوەست بەدارا وە بڕیاریان دا کەس نەیهێنێتە خوارەوە • حەزرەت ئەمەی بیست فەرمووی : کێ ئەتوانێ بڕوا لەشی خوبەیب بێنێتەوە بۆ مەدینە ؟ زوبەیـر فەرمووی : من ، لەگەڵ میقدادا رێکەوت تا هـــات بۆ ئـــەو شوێنە وە شەو بەدزییەوە لەشەکەی داگرتو خستییە پاشـکۆی خۆی تا ماوەیێ ئەوسا دوژمن مەجبووریان کرد بەجێی بێڵێوە لەپاشا جەنازەکەی نەدۆزرایەوە •

﴿یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ کافَّةً﴾:

ئەی موسوڵمانانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام!هەمووتان باش بڕۆنە ناو بەرگی فەرمانبەرداریو گەردنکەچی بۆ خودا ، وە دینی ئیسلام بەڕاستی ببەن بەڕێوە بە گشتی •

﴿ وَلاَ تَتَّبِعُوا خُطُواتِ الشَّیْطَانِ ﴾ :

وە مەکەونە شوێنی ئەو هەنگاوانە کە شەیتان ئەینێ . واتە مەکەونە دووی وەسواسەو خەیاڵاتی پڕو پووچ لەوانـەی کـــە شەتیان ئەیهاوێتە دڵتانەوە •

﴿ اِنَّهُ لَکُمْ عَدُوٌ مُبِینٌ ﴾ (٢٠٨)

بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە •

هەموو موسوڵمانێ وا لەبەر رەشەبای فیتنەی جیهانا ، وا ئەبێ زیانێ ئەکا ، یا منداڵێکی ئەمرێ . یـــا هاوچەشمانی ئەو لە رێگایەکی ناڕەواوە ماڵێکیان دەسدەکەوێ وە ئەم بێبەشـــە

لەم کاتانەدا ئیبلیس ئەکەوێتە هاتوچۆ لە دەروونیا وە خەیاڵی نابار ئەخاتە دڵیەوە ، جا خودا ئەفەرموێ : ئاگاداری خۆتان بن تەفرەتان نەدا ٠

﴿ فَإِنْ زَلَلْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ :

جا ئەگەر لابدەن لە ڕێگەی ڕاست لەپاش ئەم هەمووە ئایاتی ڕووناکە کە هاتوون بۆتان ٠

﴿ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (٢٠٩)

بەڕاستی بزانن کە خودای تەعالا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکاو خاوەن حیکمەتە لە کردەوەکانیا ٠

﴿ هَلْ يَنْظُرُونَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِيَهُمُ اللهُ فِي ظُلَلٍ مِنَ الْغَمَامِ وَالْمَلَائِكَةُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ ﴾ (٢١٠)

واتە ئەو کەسانە کە بە ساغیو پاکی داخڵی ئیطاعەی خودا نابنو گەردنکەشیو ستەمکاری ئەکەن ئەوانە ناڕواننو چاوەڕێ نین ئیللا بۆ ئەوە کە قارو ئازاریان لە لایەنی خوداوە بۆ بێ لە ناو هەورێکی سپی ناسکدا کە سێبەر ئەکا بەسەریانا ، لەگەڵ فریشتەی مەئمووری عەزابەکەدا ٠ وە بزانن ئەمری عەزابدانی ئەوان بڕاوەتەوە لە عیلمی خودادا ، وە هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو ئیشو کارێ ٠

جا ئەگەر مەبەس لەم ئایەتە پیرۆزە هاتنی ئەمرو عەزابی خودا بێ لە دنیادا ئەوە پێویست نیە بڵێین کەی ئەو کافرانە

چاوڕێی ئەوەیان کردووە کە عەزابی خودایان لەناو هەورێکی سپیدا بۆ نازڵ بێ لەگەڵ فریشتەدا ! هەتا خودا ئەمە بفەرموێت: چونکی خودای تەعالا هەڕەشەیان لێئەکاو ئەوەیان نیشانئـەدا گەلێ جار کە ویستوویەتی عەزابێ بنێرێ بۆ قەومێکی نامەرد لە کاتێکا چاوەڕێی بارانیان کردووە خودای تەعالا هەورێکـــی ناسكو سپی ناردووە لە ئاسماناو فریشتەی عەزابیشی لەگەڵـدا ناردووە • وە لەو کاتەدا ئەوان چاوەڕێی بارانیــــان کردووە خودا بەردی بەسەردا باراندوون ، وە یا دەردو بەڵاو نەخۆشی بۆ حەواڵە کردوون وە باش حەقی لێ سەندوون • وە ئیسـتەیش ئەفەرموێت : ئەم نامەردانەیش هەر چاوەڕێی شتێکی وا ئەکەن• وە لە عیلمو زانستی منا ئەمری عەزابی ئەمانە هەرچۆن بێ ؛ ئایا عەزابیان نەدەم یا عەزابیان بدەم ، وە لە دنیادا یا لە ڕۆژی قیامەتا ئەوە بڕاوەتەوەو هەرچی قەراردرابێ ئەبێ •

وە ئەگەر مەبەس لەم ئایەتە عەزابی ڕۆژی قیامەت بـــێ ئەوە ئایەتەکە چونکی لە ئایاتی صیفاتە موتەئەخیرین هـــەر تەئویلی هاتنی خودا ئەکەن بە تەئویلێ کە موافیقی گەورەیی خودا بێ • وە پێشینەکان ئایەتەکە ئەهێڵنەوە لەسەر ئــەو مەعنایە کە خودا هەر خۆی ئەیزانێ ، وە ئـەڵێن ئێمە باوەڕمان وایە خودا چی فەرمووە ڕاستە ، بەڵام ئێمە مەعنای نازانـینو خودایش تەنزیهـ ئەکەین لــە هەرشتێ کــە لا یــەقی (واجب الوجود) نەبێ ، وە لە صیفاتی مومکیناتو موحدەثات دوورە • (تعالی عنها علوا کبیرا) •

﴿ سَلْ بَنِي إِسْرائِيل كَمْ آتَيْنَاهُمْ مِنْ ايَةٍ بَيِّنَةٍ ﴾ :

ئەی پێغەمەری من پرسیار بکە لە زانایانی بەنی‌ئیسرائیل کە من لە کاتی خۆیا چەن موعجیزەی گەورەم دا بە پێغەمەرەکانیان بۆ ئەوە ببن بە دەلیل لەسەر راستی ئەوانو ریسالەتیان • یاخود لێیان بپرسە : چەن نیعمەتو میهرەبانیم کرد لەگەڵ بەنی‌ئیسرائیلا ، وەکوو : رزگارکردنیان لە عەزابی فیرعەون ، وەکوو ڕامکردنی نیل بۆ هاتوچۆی ئەوان ، وەکوو داباراندنی گەزۆو پەلەوەری شەلاقە بە سەریانا ، وە وەکوو دەرکردنی دوازدە چەشمەی ئاو بۆ ئەوان • وە لێیان بپرسە ئەوانەیان کە لە ئەمری پێغەمەرەکان دەرچوون ، وە ئەوانەیان کە سوپاسی نیعمەتەکانیان نەکرد چیم بەسەرا هاوردن ؟ وە یاسای من لە جیهانا بەرابەر بە پێغەمەرەکانمو ئادەمیزاد وەکوو خۆیەتی نەگۆڕاوە ، وە هەرکەسێ بێ‌شەرمی بکا لەگەڵ پێغەمەرەکانا عەزابی ئەدەم ، ئیتر با لەمە زیاتر ئەم نیعمەتی رەوانەکردنی پێغەمەرە وە ئەم ئایاتو موعجیزاتە حورمەت بگرنو سوپاسی من بکەن لەسەریان وە ئەو نیعمەتانە نەکەن بە نەهاتی بۆ خۆیان وە لە باتی سوپاسی من ناسوپاسی بکەن •

﴿ وَمَنْ يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللهِ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُ فَإِنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ (٢١١)

وە هەرکەسێ نیعمەتی خودا بگۆڕێ بە نەهاتو نەگبەت ، وە لە باتی سوپاسی خودا ناسوپاسی بکا ئەوە با بزانێ کە خودا

عەزابی زۆر ناهەموارو گرانەو بەو عەزابە عەزابیان ئەدا ٠

﴿ زُيِّنَ لِلَّذينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ﴾ .

جوان کراوە لە پێش‌چاوی کافرەکانا ژیانی دنیا بە جۆرێ کە پاشەڕۆژ نایەتە خەیاڵیانەوە بۆیە وا خۆیان لەسەر ژیان‌و پێشکەوتن لە ئارەزووکاریدا ئەدەن بە کوشت ٠

﴿ وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ :

وە گاڵتە ئەکەن بەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە پێغەمەری خودا ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە ماڵی دنیایان نیە وەکوو بیلال‌و عەممارو صوهەیب چونکی گەدان ٠

﴿ و الَّذينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ﴾ :

وەلحاڵ ئەو خاوەن ئیمانە پاکانەو ئەو خاوەن تەقوایانە کە لە خودا ئەترسن‌و بەڕاستی ئەژین وان لە ژووری ئەو کافرانەوە لە ڕۆژی قیامەتا ؛ چونکی ئەمان وان لە بەهەشتی بالاداو ئەوان وان لە (اسفل السافلين)دا ٠

﴿وَاللهُ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾(٢١٢)

واتە خودای تەعالا پاداشتی قیامەت ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ . وە یا ڕۆزی ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە دنیادا بێ ژمارە ٠ لەبەر ئەوە خەزێنەی رەحمەتی خودا ئەوەندە زۆرە ئەو رزق‌و ڕۆزییە قیمەتی وای نیە نیسبەت بە خەزێنەی رەحمەت تا بڵێین بۆچی رزقی زۆر ئەدا بە کافرەکان لە دنیادا ٠

جا خودای تەعالا ویستی دڵخۆشی حەزرەت‌و ئەصحابەکانی

بداتەوە بۆ ئەوە موبالاتو پاپایی نەکەن بە عەنادی موشریکەکانو ئاشووبنانەوەی کیتابیەکان • وە فەرمووی : لە ماوەیەکـــی کەمدا نەبێ ئادەمیزاد هەر شێوەیان ئاشوب سازی بووە لەگەڵ پێغەمەرەکانا ئەوانیش هەر خۆیان گرتووە وە ئەم ئایەتـــەی ناردەخوارەوە :

﴿ كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً ﴾ :

ئادەمیزاد لە زەمانی حەزرەتی ئادەمەوە تا زەمانی حەزرەتی شیث ، وە لە زەمانی ئەوەوە هەتا پاش زەمانی ئیدریسو نزیکی زەمانی نووح ــ سەلامی خودایان لەسەر بێ ــ هەموو یەك چینو یەك دین بوونو ئیختیلافیان لە حەقدا نەبوو ، حەقیان لە بەتـاڵ جیائەکردەوەو لەسەر فەرمانـــی پێغەمەرەکانیان ئـــەڕۆیشتن بەڕێگادا ، مەگەر بازە تاوانێ لە کردەوەدا وەکوو ئەوە کـــە قابیل هابیلی کوشت ، واتە ئەگەر تاوانیان بکردایە بە تاوانیان ئەزانی بەڵام پاشئەوە کە ئادەمیزاد زۆر بوونو پەرەیان گرت وە ئارەزووبازیو شەهوەتڕانی هێزی گرت ئیتر حەقیـــــان لێتێكچوو وە ئیختیلاف کەوتە ناویانەوە لە خوداپەرســـتیو دینداریدا ، وە گەلێ ئادەمیزاد لە دیـــــن دەرچوونو ئاشووب لەناویانا پەیدابوو ، وە هەر کۆمەڵێ داوای ئەوەی ئەکرد کـــە حەق وا لەلای ئەودا •

﴿ فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ ﴾ :

جا خودای تەعالا پێغەمەرانی بە زۆری نـــارد ، وە ناوی گەلێکیانی باس نەکردووە بۆ تۆ ، وە ئەو پێغەمەرانە موژدەیان‌دا بەوانە کە حەق‌پەرستن بە بەهەشت‌و ترســـیان ئەنایە بـــەر حەق‌نەپەرستەکان بە عەزابی دۆزەخ ، وە کتێبیشی لەگەڵیانـــا نارد کتێبێکی پڕ لە بەیانی حەق‌و حەقیقەت‌و نیشاندانی رێگەی ژین‌و دین بۆ ئەوە ئەو کتێبە فەرمان بـــدا لـــە ناو ئادەمیزادا لەوەدا کە ئیختیلافیان تیا ئەبوو ، وە فیعلەن ئادەمیزاد زانـــا بوون بەدین وە ئاشنا بوون لەگەڵ حەقدا ، وە لەو کاتـــەدا وا چاوەڕوان ئەکرا کە زاناکان بە دڵێکی ساف دان بنێن بە حەقداو یارمەتی بدەن • ئەوە نەبوو •

﴿ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْياً بَيْنَهُمْ ﴾ :

کەچی هەر ئەو کەسانە کە کتێبەکەیان پێدرا پاش ئەوە کە شاهیدی موعجیزەی خوداو نیشانەی راستی پێغەمەرەکانیان بۆ هات کەوتنە ئیختیلاف‌و ئاشوب کردن لەبەر دەوامدان بـــەو بەغی‌و ستەمکارییە کە لە ناویانا توولی کێشابوو وە بووبوو بە خوو بۆیان •

﴿ فَهَدَى اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ ﴾ :

جا خودای تەعـــالا بە میهرەبانـــی خـــۆی یارمـــەتی ئـــەو ئادەمیزادانەی دا کە ئیمان‌و باوەڕیان هەبوو بۆ راگرتنی ئـــەو حەقە کە وەختی خۆی ئیختیلافی ئادەمیزاد هەبوو تیایا ، وە دڵی دامەزراندن لەسەری •

﴿ وَاللهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ (٢١٣)

ئەمەیش شتێکی تازە نیە لە ئیشەکانی خودا ؛ چونکی خودا هەمیشە هیدایەتی ئەوکەسانە ئەدا کە خواستی هەبێ بـــۆ لای رێگای راســتوتەوفیقیان ئەدا بۆ ئەوە بە سەریا بڕۆن تا ئەگەن بە ئەنجامی خێرو پیرۆزی لەهەردوو دنیادا •

کەوابوو ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆیش لەسەر خـــووو رەوشتی ئـــەو پێغەمەرانە بڕۆ ، بەڵکو پێویســـتە تـــۆ بـــە قەی هەموویان دڵت بەهێز بێ ؛ چونکی ئەوان هەر یەکی بۆ گەلـێو بۆ ماوەیەکی تایبەتی رەوانەکرابوون ، بەڵام تۆ رەوانەکراوی بەرەحمەت بۆ عالەم هەتاهەتایە •

ئاگادار بن : لە سەر ئەم شێوە ئێمە نووسیمان مەقسەد لـــە (ناس) حەزرەتی ئادەمو ئەولادەکانی بوو تا پاش زەمانــــــی حەزرەتی ئیدریس ، وە وەحدەتی ئوممەتەکەیش ئەوە بوو کـــە لەسەر حەق بوونو ئیمانو باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر •

وە لەم ئایەتەدا چەن بیری تر هەیە :

یەکەم ئەوەیە : مەبەس لە (ناس) ئوممەتی حەزرەتـــــی نووحە پاش ئەوە کافرەکان لە تۆفانا فەوتانو تا ماوەیێ لەسەر حەق مانەوە ، جا ئەوانیش کەوتنە ئیختیلافەوەو گەلێکیان لەدین دەرچوون ، جا خودای تەعالا پێغەمـــــەرانی نارد بـــۆ ســـەریان بەکتێبەوە وەکو لەپێشەوە دەرکەوت •

دووەم : ئەوەیە کە مەبەس لە (ناس) ئەهلی کیتابە **لەوانە**

کە ئیمانیان هێنا بەموسا • واتە ئەوانە کە ئیمانیان هێنا بە موسا یەك ئوممەت بوونو لەسەر یەك دین بوون . جا پاش ئەوە بە هۆی ستەمکارییەوە ئیختیلاف کەوتە ناویانو لەدین دەرچوون • جا خودای تەعالا پێغەمەرانی رەوانەکرد بۆ سەریان لەگەڵ کیتابا وەکو باقی پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیل تا گەیشتە زەمانی حەزرەتی محەمەد (د) •

سێهەم : بیری ئەبوو موسلیمو قازییە کە فەرموویانە : مەبەس لە (ناس) ئادەمو ئەولادی ئادەمە پێش ئەوە کە حەزرەتی ئادەم ببێ بە پێغەمەر ، وە مەبەس لە تەنهایی ئوممەتەکەیشی ئەوەبووە کە لەسەر یاسای تەمەسوك بوون بە عەقڵو فیطرەتو غەریزە ، وە هەموو پاكو پاككردار بوون هەتا پەشێوە کەوتە ناویانەوە جا خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی رەوانەکرد بۆ سەریانو حەقی پێ نیشان دان لەگەڵ ئەوەیشا بازێکیان هەر موسوڵمان نەبوون ، وە بازێکیان ئیمانیان هێناو پێرۆزییان وەرگرت بەهۆی دینەوە هەتاهەتایە •

(ام حسبتم) الآیة : گەلێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە غەزای خەندەقدا لەو کاتەدا کە موسوڵمانەکان کەوتنە مەینەتەوە لە زۆری سوپای دوژمنەکەیانو لە کەمی ژیوارو تانەی منافقەکانو غەیری ئەمانەیش •

وە بازێ ئەفەرموون : هاتەخوارەوە لە غەزای (احد)دا ، وە بازێ ئەفەرموون : هاتوەتەخوارەوە بۆ دڵخۆشی دانەوەی موهاجیرەکان لەکاتێکا خانووو دارایی خۆیان بەجێ هێشت لە مەککەداو کەوتە دەستی موشریکەکانو ئیختیاری رەزای خودایان کرد بەسەر هەموو شتێکا ، بە هەرحاڵ وەکو بەیضاوی ئەفەرموێت خودا بەم ئایەتە خیتابو فەرمایش ئەکا لەگەڵ

حەزرەتا (د) وە یارەکانیا وە هێز ئەدا بە دڵیان لەسەر خۆگرتن‌و دەوام لەسەر غایەی خۆیان هەرچەن دوژمنیان زۆرەو گەلێ ئاشووب ئەگێڕن‌و گەلێ ئەمان گیرۆدەی زیان ئەکەن • وە ئەفەرموێت :

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُمْ مَثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِكُمْ ﴾ :

واتە : یا بەڵکو ئێوە گومان ئەبەن کە بڕۆنە بەهەشت وە هێشتا ڕووداوی نابارو ناهەمواری واتان پێ‌نەگەیشتووە وەکو ئەو ڕووداوانە هاتوون بەسەر پێغەمەران‌و پەیڕەوانێ کە لە پێش ئێوەدا رابووردوون •

﴿ مَسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ ﴾ :

گەدایی‌و نەبوونی‌و ترس‌و بیمی دوژمنەکانیان هات بەسەرا •

﴿ وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ : مَتَى نَصْرُ اللهِ ؟ ﴾

وە ئەو پێغەمەرەو ئوممەتەکەی تەنگاو کران هەتا حاڵیان گەیشتە ئەوە ئەیانوت : خودایە ئەزانین تۆ وەعدت راستەو یارمەتی خزمەتکارانی دینی خۆت ئەدەی •• بەلاَم نازانین لە چ کاتێکا ئەو یارمەتیەت ئەگا پێمان ؟ دوورە ئەو کاتە هەتا ئەم ئازارەدا زۆر گیرۆدە ببین ، وە یا نزیکە هەتا ئومێدی رزگاری نزیکمان ببێ ! خودایش بە میهرەبانی خۆی وەحی نارد بۆ پێغەرەکەو فەرمووی :

ئاگاداربە بە خۆت بزانەو رابگەیەنە بەرەفیقەکانیشت کـە بەڕاستی یارمەتی خودا بۆ ئێوە نزیکە وە پێتان ئەگاو رزگـار ئەبن .

فەرمووده‌ی خودا (جل جلاله) « يسئلونك ماذا ينفقون » الاية ...

لە باسی کات‌و هـۆی نازڵبوونیـا ئیبن‌وعـەبباس (خ) فەرموویەتی : هاتەخوارەوە لە کەسێکا عەزری حەزرەتی کـرد دینارێکم هەیە ، فەرمووی : سەرفی بکە لە نەفسی خۆتا ، وتی : دوو دینارم هەیە ، فەرمووی : سەرفیان بکە لە ئەهل‌و منداڵتا ، وتی : سێ دینـارم هەیـە ، فەرمووی : سـەرفی بکـە لـە خزمەتکارەکەتا . وتی: چوار دینارم هەیە فەرمووی: سەرفی بکە لە باوك‌و دایکتا . وتی : پێنج‌دینارم هەیە ، فەرمووی : سـەرفی بکە لە خزمەکانتا . وتی : شەش دینـارم هەیـە ، فەرمووی : سەرفی بکە لە رێگەی خودادا لـە جیهادا . وە ئـەم دینـارە لەهەموویان جوانترە . لەمەوە دەرئەکەوێ کە لە غەیری جوابی یەکەما هەرچی فەرمووی سەرفی بکە مەبەستی ئەوە بووە کـە زیادە لە کاتی پرسیاری پێشوو .

وە دووبارە ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌وعەبباسەوە (خ) کـە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە (عەمری‌کوڕی‌جەموح) کە پیاوێکـی پیری دەوڵەمەند بوو ، وە ئەوە بووە کـە لـە رۆژی ئوحـودا شەهیدکراوە ، عەرزی حەزرەتی کرد (د) : ئەم ماڵی خۆمانە لە چیدا سەرف بکەین ؟ جا نازڵ بوو :

﴿ يَسْئَلُونَكَ : مَاذَا يُنْفِقُونَ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست موسـوڵمانەكان پرسـیارت لێ ئەكەن : چی سەرف بكەن لەماڵی خۆیان ؟

﴿ قُلْ : مَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ والاقْرَبِين وَالْيَتَامى و الْمَسَاكِينِ وابنِ السَّبِيلِ ﴾ :

هەرچی سەرف بكەن لەماڵی خۆتان كەم بێ یا زۆر كە لـە خۆتان زیاد بوو لەپێشا سەرفی بكەن لە باوكو دایكتانا لەبەر ئەوە گەلێ حەقیان هەیە لەسەرتان : هـۆی وجوودتان بوونو ، بەدڵ بەخێویان كردوونو ، داوای پایەداریو پارێزاویو شانو نانی ئێوەیان كردووەو ، تەمێی ئێوەیان كردووە بۆ رێگـەی چاكەو دووركەوتنەوە لە خراپە ۰۰ جا ئەگەر زیادەتان بـوو سەرفی بكەن لە خزمەكانا كە وەكو خەڵك ئینسانن‌و موسوڵمانن داماونو ئاگاتان لە ئەحواڵیان هەیە . وە عەلاقەی خزمایەتیشتان هەیە ۰ جا ئەگەر زیاد بوو لەمە سەرفی بكەن لـە منداڵە وردە نابالغە بێ باوكەكانا ، كوڕ یا كچ ؛ چونكی كەس نیە خزمەتیان بكا ۰ جا ئەگەر زیادەتان بوو سەرفی بكـەن لـەوانەدا كـە گوزەرانیان باش نیەو هیچیان نیە یا ئەو دەستكەوتەیان بەشیان ناكا ۰ جا ئەگەر زیادەتان بوو بیدەن بەو رێبوارە كە بۆ ئیشێكی باش دەرچووەو خەرجی پێ نەماوە ۰

﴿ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴾ (٢١٥)

هەر چاكەیەك بكەن لەلای خوادی تەعالا ون نابێو بەزایە ناچێ ۰

لەم ئایەتەدا پرسیارێ هەیە ئەمەیە : کە موسوڵمانەکـــان پرسیاریان کردووە چی سەرف بکەن لە ماڵی خۆیانو خـــودا جوابی داونەتەوە بە باسی ئەوکەسانە کـــە سەرفەکەیان بـــۆ ئەکرێ ؟

وەڵامی ئەمە بەچەن جۆرە :

یەکەم : خودا جوابی ئەوانی دایەوە بە (ما انفقتم) واتە هەرچی سەرفبکەن کەمبێ یازۆر بەقەی حاڵ • وە زیاد لـــەوە باسی جێگەی سەرفەکەیشی کردووە چونکی مەسرەف ئەگـــەر جێگەی خۆی نەگرێ بەزایە ئەچێ •

دووەم : ئەمەیە ئەو پرسیارە بەزاهیر ئەگەرچی لە ماڵەکە بوو بەڵام ئەوانە مەبەسیان ئەوەبوو بە کێی بدەنو چۆن سەرفی بکەن ، وە خودایش جوابی دانەوە بەو تەرتیبە جوانە کەوا لـە غایەتی مەعقوولیدا •

سێهەم : ئەمەیە ئەم نەوعە وەڵامانە لەسەر (اســـلوبي حکیم)واقیع بووە ؛ چونکی ئەوە نرخی ببێ ئەوەیە کە بزانن ماڵەکەیان لە کوێدا سەرفبکەن ، ئەگەرنا باسی نەوعی ماڵـــی موناسب نیە ؛ چونکی هەر ئەندازەیێ لەهەر نەوعـــێ بلێت وا ئەبێ بۆ بازێ کەس دەسنادا ، کە وابێ حەق وایە مەصـروف موطڵەق بێ هەرچەن بێ ، وە مەسرەف دیاری بێ بۆیە وەهـــا جوابی دانەوە •

وە پێویستە بزانن ئەم ئایەتە نەسخنەکراوەتەوە بە ئایەتی

زەکاتو حوکمێکی تیا نیە کە موناقی واجببوونی زەکات بێ ، وە ئەم ئایەتە باسی مەسرەف کردنو نەفەقـەی واجبە ئـــەکا ، وەکو خەرج کردن بۆ ژیانی باوكو دایك ، وە باسی سەدەقاتو خێراتێ ئەکا کە سوننەت بن ، وەکو مەسرەفکردن بۆ خزمانو هەتیوانو گەدایانو موسافیران ..

خودا ئەفەرموێت :

﴿ کُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویستو ئـەی پـەیڕەوانی پێغـەمەر فەرزکراوە لەسەر ئێوە جەنگکردن ، لەگەڵ کافرانا ، وەلحاڵ ئەو جەنگکردنە گرانە لەسەر شانی ئێوە ؛ چون ئەبێ بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ژنو منداڵو دۆستان . وە ئەبێ بەهـۆی ماڵسەرفکردنو بریندار بوونو کوشتنو غەیری ئەمانە .

﴿ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ ﴾ :

وە هەڵئەکەوێ کە حەز نەکەن لەشتێ لەگەڵ ئەوەدا ئـــەو شتە سوودی زۆر بێ بۆ ئێوە .

﴿ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ ﴾ :

وە هەڵئەکەوێ حەز لە شتێ بکەنو ئەو شتە خراپ بـــێ بۆتانو زیانی تیابێ .

﴿ وَاللهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (٢١٦)

خودای تەعالا سوودو زیان ئەزانێو ئێوە نازانن .

بزانن ! بازێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە : ئەم نووسینە

له ئایەتەکەدا مەعنای فەرزی عەینە . وە ئەو فەرزە عەینەیش بەس لەسەر حەزرەت (د)بووەو لەسەر ئەصحابەکانی ؛ چونکی حەزرەت هەتا لە مەککەدا بوو فەرمانی جەنگ‌کردنی پێ نەدرابوو وە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە ئیزنی ئەوەی پێدرا کە جەنگ بکا لەگەڵ هەرکەسێ کە دەستبکا بە جەنگ لەگەڵیا ، وە پاش ئەوە ئیزنی پێدرا بۆ جەنگ‌کردن لەگەڵ موشریکەکانا بە شێوەی گشتی ، لەسەر ئەم شێوە لە ئەوەڵەوە جەنگ فەرزی عەین بووە لەسەر حەزرەتو ئەصحابەکانی ، بەڵام لەسەر باقی موسوڵمانەکان فەرزی کیفایەیە : ئەگەر بازێ لە موسوڵمانەکان شەڕبکەن لەگەڵ کافرەکانا ئەوە کافییەو تاوان لەسەر کەس نابێ •

بەڵام جومهووری موفەسسیرین لەسەر ئەو بیرەن کە جەنگ لەگەڵ کافرانا بۆ ئەوان وە بۆ پاش زەمانی ئەوان فەرزی عەینە ئەگەر کافر داخڵی وڵاتی موسوڵمانەکان ببن • وە لە غەیری ئەو حاڵەدا فەرزی کیفایەیە • ئەوەندە هەیە لە وەختی خۆیا کاتێ حەزرەت (د) هەرکەسی بانگ‌بکردایە بۆ جیهاد ئەوە واجب ئەبوو لەسەر ئەو کەسە ئامادە ببێ بۆ جیهادو ئیطاعەی حەزرەت بکا •

هەروا بزانن ، کە مەعنای ئەم ئایەتە پیرۆزە سەرمەشقە بۆ بەختیاری ئادەمیزادی موسوڵمان وە هەرکەس رەفتاری پێ‌کردبێ بەختیار بووە ، وە هەرکەس رەفتاری پێ‌نەکردبێ بەدبەختو داماو بووە •

وە هەتا موسوڵمانان ئازادو ئامادە بوون بۆ جیهادو مەردانە رۆیشتوونەتە ناو کۆڕی جەنگەوە سەربەرز بوون لەچەن لاوە ؛

یەکەم : خوویان‌گرتووە بە جەنگەوەو لەرۆژی رەشا چاویان لەچوونە مەیدان نەترساوە ·

دووەم : لەبەرچاوی هەموو دوژمنەکانا خاوەن هەیبەت بوون‌و بە مەترسییەوە تەماشایان کردوون ·

سێیەم : لە زۆرمەی کاتا دەسکەوتی دنیاییان زۆر بووەو شارەکانی کافرەکانیان دەردەست کردووە ·

چوارەم : لە هەمووی گەورەتر جەزای بەهەشت‌و پایەی شەهادەتیان دەس‌کەوتووە ·

وە (بالعکس)هەر ئوممەتێ حەربی نەبووبێ ئەوەندەی پێ‌نەچووە دوژمن داگیری کردوون‌و بە ئارەزووی خۆی لێی‌کوشتوون ، وە ئەگەر کەسێکیشیان رزگاربووبن لەکوشتن کراون بە بەندەو بە وێنەی حەیوانات دایما لە سوخرەی دوژمنا ژیاون‌و **حاشا لەوژیانە** کە بۆ ئادەمیزادی بێ‌پایەو بێ‌شانە ··· فەرموودەی خودا :

﴿ یَسْئَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرامِ قِتَالٍ فِيهِ ﴾:

پرسیارت لێ‌ئەکەن لە حوکمی جەنگ‌کردن لە جینسی مانگێ لەو مانگانە کە خودا جەنگی تێدا حەرام کردوون وەکو (ذی القعدة ، ذی الحجة ، محرم ، رجب) : ئایا جەنگ‌کردن لەم مانگانەدا دروستە یانە ؟

﴿ قُلْ : قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ﴾ :

تۆ ئەی خۆشەویست لە وەلاما بڵێ : جەنگ‌کردن لە مانگی حەراما گوناحی گەورەیە ·

﴿ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

وه هۆی مه‌نع‌کردنی خه‌لکه له حه‌ج‌کردن‌و عیباده‌ت‌کردن له ڕێگه‌ی خودادا ·

﴿ وَكُفْرٌ بِهِ ﴾ :

وه هۆی کوفرکردن‌و کافربوونه به‌خودا ؛ چونکی ئینسان ده‌وامی کرد له‌سه‌ر گوناه دڵی ره‌ش ئه‌بێته‌وه‌و جێگه‌ی نووری ئیمانی تیا نامێنێ ·

﴿ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ﴾ :

وه هۆی باوه‌ڕنه‌کردنه به حورمه‌تی مزگه‌وتی مه‌که ·

﴿ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللهِ ﴾ :

به‌ڵام ده‌رکردنی‌ئه‌هلی ئه‌و مزگه‌وته‌و نیشته‌جێکانـــی ده‌وروبه‌ری مزگه‌وت وه‌کو پێغه‌مه‌رو (د)باقی یاره‌کانی له موهاجیرین ئه‌وه گوناهی گه‌وره‌تره له شه‌ڕکردن له مانگی حه‌رامدا ؛ چونکه ئه‌و جه‌نگ‌کردنه وا ئه‌بێ که‌سی تێدا ناکوژرێ ، یا چه‌ن که‌سی مه‌حدوودی تێدا گیرۆده ئه‌بێ · به‌ڵام ده‌رکردنی قه‌ره‌باڵغێ لـــه ئه‌هلی مه‌که‌و ده‌ربه‌ده‌رکردنیان که بکه‌ونه ولاتان به برســێتی‌و داماوی‌و ملکه‌چی ·· گه‌لێ که‌سی پێ گیرۆده ئه‌بێ ·

﴿ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ ﴾ :

وه هێزدان به فیتنه که دڵلادانی ئاده‌میزاده له ئیمان‌هێنان به‌خودا گه‌لێ گه‌وره‌تره له کوشتنی که‌سێ یاچه‌ن که‌سێ !

﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ ـ إِنِ اسْتَطَاعُوا ـ ﴾ :

وه ئەوكافرانە کە موسوڵمانەکان جەنگیان لەگەڵ کردوون بەدەوام جەنگتان لەگەڵ ئەکەن هەتا هەڵتان ئەگێڕنەوە لە دینە راستەکەی خۆتان ـ ئەگەر بتوانن ـ ٠

﴿ وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ ﴾ :

وه هەرکەسێ هەڵگەڕێتەوە لە دینی ئیسلام لە ئێودو بەو حاڵی کافرێتیە دەوام بکاو بمرێ ، ئەوە هەموو ئەوانە کردەوەی چاکەیان هەرچی بووبێ لەپێشا بێ‌نرخ ئەکەوێ لە دنیادا ؛ چونکی ئەو کەرامەتەو ئەو پایەو مایە کە تەصەووری ئەکرد بۆ خۆی لە دنیا لەدەستی دەرئەچێ ، وە لە قیامەتیشا ؛ چونکی هیچ جەزایەکی خێری لەسەر ئەو کردەوانە دەست‌ناکەوێ ٠

﴿ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ (٢١٧)

وه ئەوانە ئەهلی عەزابی ئاگری دۆزەخن‌و لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتاهەتایە ٠

ریوایەت‌کراوە لە هۆی نازڵ‌بوونی ئەم ئایەتەدا ئەمە : کە پێغەمەر (د)کاتێ گەڕایەوە لە تەعقیبی کورزی کوڕی جابیر ، کە ئەو ڕووداوە مەشهوورە بە (بەدری‌ئەووەڵ)لە مانگی (جمادی الثانیة)دا مایەوە لە مەدینەدا باقی ماندەی ئەو مانگەو مانگی رەجەب تا نزیکی ئاخری وە لە ئاخری ئەم مانگەدا عەبدوڵڵای کوڕی جەحش پوورزای خۆی بوو ، لەگەڵ

هەشتکەسا ناردنی بۆ دەورو بەری مەکە کە هەر هەشتیان لە موهاجیرین بوون ، ئەمانە : ئەبو حوزەیفەی کوڕی عوتبە ، عوکاشەی کوڕی (محصن) ، عوتبەی کوڕی غەزوان ، سوهەیلی کوڕی بەیضای فەهری ، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ، عامیری کوڕی رەبیعە ، واقیدی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمی ، خالیدی کوڕی (بکیر)ی لەیثی • وە کاغەزێکی نووسیو دای بە عەبدوڵلای پووزرایو ئەمری پێکرد تەماشای نەکا هەتا ماوەی دوو رۆژ ئەڕۆن بەڕێدا ئەوجار تەماشای بکاو رەفتاری پێ بکا ، وە زۆریش نەکا لەکەس لە هاوڕێکانی کە لەگەڵیا بڕۆن • وە ئەو سەرۆکیان بوو • جا عەبدوڵلا لەگەڵ ئەو هەشت کەسەدا رۆیشت دوو رۆژ جا تەماشای نامەکەی کرد نووسرابوو : «هەروا بڕۆ تا ئەگەیتە (نەخلە) لە بەینی مەکەو طائیفدا لەویا بمێنەوەو چاوەڕوانی قورەیش بکەو ئەخباریان بزانە مەشغوولی چین و بە زۆر کەس لە رەفیقەکانت مەبە • » •

ئەویش نامەکەی خوێندەوە بەسەریانا هەموویان وتیان : ئامادەین بێین لەگەڵتا • وە رۆیشتن مەگەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو عوتبەی کوڕی غەزوان ، وشترێکیان بوو بەنۆبە سواری ئەبوون رای‌کردبوو ، ئەوان کەوتنە شوێنی ئەو وشترەو باقی رۆیشتن هەتا گەیشتن بە (نەخلە) •

زۆری پێ نەچوو کاروانێکی قورەیش هاتن رابوردن بەسەریانا ماڵی تیجارەتو مێوژی هێنابوو ، وە لەناو قافڵەکەدا عەمری کوڕی حەزرەمیو عوثمانی کوڕی عەبدوڵلاو نەوفەلی برایو حەکەمی کوڕی کیسانی تێدا بوو ، و زەمانیش ئاخری مانگی رەجەب بوو •

جا موسوڵمانەکان لەناو خۆیانا راوێژیان کرد وتیان : ئەگەر دەستیان بۆ ببەین‌و شەڕیان لەگەڵدا بکەین ئەوە حورمەتی مانگی رەجەب ئەڕوا ، وە ئەگەر دەستیان بۆ نەبەین ئیمشەو ئەگەن بە عەرزی حەرەمی مەککەو نابێ لەوێ دەستیان بۆ ببەین ، وە لە ئەنجاما بڕیاریان دا کە بۆیان بڕۆن • جا واقیدی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمی تیرێکی هاوێشت بۆ عەمری حەزرەمی کوشتی ، جا عوثمانی کوڕی عەبدوڵلاو حەکەمی کوڕی کیسانیان بەدیل گرت‌و نەوفلی برای عوثمان رای‌کرد •

جا عەبدوڵلای کوڕی جەحش کاروانەکەی بەرەو مەدینە هەڵسووڕاند ، وە وتی بە رەفیقەکانی : خومسی ئەم غەنیمەیە جیابکەنەوە بۆ حەزرەت (د) وە جیایان کردەوە • ئەم خومسە یەکەم خومسێکە لە دینی ئیسلاما • جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو (واعلموا أن ماغنمتم من شيء فان لله خمسه وللرسول) وە حەزرەت (د) ئەم کردەوەی عەبدوڵلایە تەقریرکرد ، و دامەزرا بۆ ئوممەتی ئیسلام تا رۆژی قیامەت ، وە عەبدوڵلای کوڕی جەحش یەکەم سەرۆك بووە لە ئیسلام وە عەمری کوڕی حەزرەمی یەکەم کوژرراو بووە لە کافراندا • بەڵام حەزرەت (د) ناڕەزایی خۆی دەربڕی لە کوشتنی عەمری کوڕی حەزرەمی لە مانگی رەجەبدا کە لە مانگە حەرامەکانە • بەڵام واقیعەکە تازە قۆمی بوو • لەم کاتەدا خودا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە (يسئلونك عن الشهر الحرام : قتال فيه) هەتا (هم فيها خالدون) وە پرسیارکەر لە موسوڵمانەکان بوو •

پاش ئەوە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص‌و عوتبەی کوڕی

غەزوان بەساغی گەیشتنەوە مەدینەی مونەووەرەو حـەزرەت لەباتی عوثمانو حەکەم فیدیەی وەرگرتو بەرەڵای کردن • جا عوثمان لە مەککەدا بە کافری مردو حەکـــەم موسوڵمان‌بوو و لەگەڵ حەزرەتا بوو هەتا شەهید کرا لــە رووداوی (بـــیری مەعوونە)دا •

ریوایەت‌کراوە : کاتێ ئەم ســـریەی عەبدوڵلای کوڕی جەحشە گەڕایەوەو قسەو باس زۆر بوو لە جەنگ‌کردن لـــــە مانگی حەرامدا ، عەبدوڵلاو رەفیقەکانی کەوتنە خەیاڵــەوەو گومانیان وابوو لەم حادیثەدا ئەگەر لە تاوان بپارێزرێن ئیتــر جەزای خێریان نیە • خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کردو ئیثباتـــی ئەجری کردن :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللهِ أُولَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَةَ اللهِ ﴾ :

ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بەخوداو پێغەمەری خــودا ، وە ئەو کەسانە کە لە وڵاتی خۆیانەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینەی مونەووەرەو جیهادیان کرد لەبەر بەرزکردنەوەی ئیسلام ئەوانە رجایان هەیە لە خودا کە رەحمەتی خۆی بڕێژێ بە سەریانا بــە کەرەم •

﴿ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (٢١٨)

وە لە واقیعا خودایش رجاکەی ئەوان وەرئەگرێ ؛ چونکی خودا غەفوورو تاوان‌بەخشە لەوەی کە ئەو شەڕەیان لەو مانگەدا کرد ، وە میهرەبانیشە ، کەوایە جەزای خێریان ئەداتەوە لـــە قیامەتا •

فەرموودەی خودا (یسئلونك عن الخمر والمیسر ٠٠ الآیة) ریوایەت کراوە : کاتێ لە مەککەدا ئایەتی : (ومـن ثمـرات النخیل والاعناب تتخذون منـــه ســـکرا ورزقا حســنا) هات موســوڵمانەکان شەرابیان ئەخواردەوە ، پاش ئەوە عــومەری کوڕی خەطابو مەعازو چەنکەسێ لە یاران عەرزی حەزرەتیان کرد : فەرموودەیەکی رووناکمان پێبفەرموو لە خواردنەوەی شەرابدا کە مەشرووبێکە عەقڵو هۆش ناهێڵێو دارایـــــــی ئەفەوتێنێ ٠ جا ئەم ئایەتی (یسئلونك عن الخمر والمیســر)٠ هاتە خوارەوەو گەلێ لە یاران پاش ئەم ئایەتە تەرکیانکــرد ، وە بازێکیان هەر ئەیانخواردەوە ٠

پاش ئەوە رۆژێ عەبدوررەحمانی کوڕی عەوف کۆمەڵــێ لە یارانی دەعوەتکردو نانو چێشتی پێدانو بازێکیان شەرابیان خواردەوەو سەرخۆش بوون ، کاتی نوێژ یەکێکیان بوو بـــە پێشەوا وە خوێندیەوە (قل یا أیها الکافرون اعبد ماتعبدون)٠

لە پاش ئەم واقیعەیە ئایەتی (لا تقربوا الصلاة وأنتــم سکاری) هاتە خوارەوە ، جا شەرابخۆر کەم بوونەوە٠پاش ئەمە عوتبانی کوڕی مالیك سەعدی کوڕی ئەبیوەقاصو چەن کەس لە یارانی بانگ کرد بۆ ماڵی خۆی ، وە لەوێ خواردیانــەوەو دەسیانکرد بە شیعر خوێندنەوەو بەیانی طائیفـــەی خۆیانو سەعدی کوڕی ئەبــی وەقاص شیعرێکــی خوێندەوە زەمـــی ئەنصارییەکانی تێدا بوو ، جا یەکێ لە ئەنصارییەکان دای لــە سەعدو سەریشکان ، ئەویش رۆیشت لــە خزمەتی حەزرەتـــا شکاتی کرد ٠ لەوێدا حەزرەتی عومەری کوڕی خەطاب دۆعای

کردو فەرمووی : (اللهم بين لنا في الخمر بيانا شافيا) جا ئـەم ئایەتە هاتەخوارەوە : (يا أيها الذين آمنوا انما الخمر والميسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكـــم تفلحون • انما يريد الشيطان أن يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر والميسر ويصدكم عن ذكر الله وعن الصلاة فهل انتـــم منتهون) • جا عومەر (خ) فەرمووی : (انتهينا يارب) • ئیتر خواردنەوە بڕایەوە • وە بزانن (میسر) لە ئەصلا ناوە بۆ ئەو وشترە کە قومارەکەی لەسەر کراوەو لە ئەنجاما سەریانبڕیوەو گۆشتەکەیان بەشکردووە لە بەینـــی خۆیانا بـــە یاســـای قومارەکەیان •

وە لە کاتی خۆیا یازدە پارچە داریان دروست کردووە بـۆ بـەشـکردنی گۆشـتی وشـترەکـە حەوتیان بەشـــیان لەسەر بووەو چواریـــان بـــەشیان لەســـــەر نـــەبووە • ئـــــەو حـــەوتەکە بەشـــــیان لەســـەر بـــووە فـــەرقیان بـــووە ، دارێکیان یەك نیشانەی لەسەر بووە ئەوە یانێ تاقە بەشـــێکی لەسەرە • دارێکیان دوو بەش ، دارێکیان سێ بەش ، دارێکیان چوار بەش ، دارێکیان پێنج بەش ، دارێکیـــان شەش بەش ، دارێکیان حەوت بـــەش • وە پاش تەواوبوونی قومارەکـــە وشترەکەیان سەرئەبڕیو ئەیانکرد بە بیستو هەشت بەشەوەو لە بەینی خۆیانا بەشیان ئەکردەوە : خاوەنی داری یەکەم یـــەك بەشو خاوەنی داری دووهەم دوو بەش • وە گەیشتنی یەکـێ لەو دارانە بە هەرکەسێ لەسەر یاسای قورعە بووە • وە ئـــەو چـوار دارەکەشـیان بەشـیان لەسـەر نەبوە بـەر هەر کەسێ کەوتوون بێبەش بوون ، وە ئەم نەوعە قومارە گەلێ فیتنـەو

ئاشووب ڕووی‌داوه تیایا .
جا خودای تەعالا ئەو ئایەتەی نازڵ کرد کە فەرموویەتی :
﴿ یَسْئَلُونَكَ عَنِ الْخَمرِ و المیْسِرِ ، قُلْ : فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ ﴾ :

واته : ئەی پێغەمەری خۆشەویست موسوڵمانەکان پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی شەرابخواردنەوەو قومارکردن بە مەیسەر ... تۆ لە وەڵامیانا بڵێ : خـودا ئـەفەرموێت : لـەم شەرابخواردنو قومارکردنەدا تاوانی گەورە هەیە ، وە چـەن سوودێکیشیان تیا هەیە . جا تاوانو زیانی شـەرابخواردن یەکەم : سەرفی ماڵە لەپەیداکردنیا . دووەم تێکدانی عەقـڵو حەواسە . سێهەم : ئاشووب‌کردنە لەگەڵ خەڵکـدا ، خـواه بێگانە یا خزمو خەلکی ناو ماڵی خۆی یا دەرەوە . چوارەم : خۆ دەرخستنە بۆ زیانکردن : وا ئەبێ یارۆی سـەرخۆش ڕووت ئـەکرێتەوەو هەر پارەو شتێکی هـەبێ ئەیبـەن . پێنجـەم : دوژمن فرسەتی لێ‌دێنێو گیرۆدەی ئـەکا بەکـوشتن یـا بریندارکردن . شەشەم : ناموس‌چوونە بەو واتە ناشیرینانـە کە لەسەرخۆشیدا لە دەمی دەرئەچێ . حەوتەم : فەوتانـی واجباتی دینییە . هەشتەم : ئاساری سەرئێشە کە پەیدا ئەبـێ لەخواردنەوەی . نووهەم : موقەییەدبوونو خووگرتنە بـەو ئیشە نابارەوە لە کاتێکا شەرابی دەس‌نەکەوێ نزیکە بمـرێ . دەهەم : ئەو ناساغییانە کە لە خواردنەوەی پەیدا ئەبن ...

وە سوودەکانی بریتییە : لە تیجارەت‌کردن تیایا بۆ ئـەو کەسانە دروستی ئەکەن یا ئەیهێنن لە دوورەوە ، وە شادمانیو

بێ پەیوەندی ئەو کەسە کە ئەیخواتەوە بە میحنەت‌و غەم تـــا ماوەیێ ٠

وە تاوان‌و ناباری قومار بریتییە لەمانـــە ؛ یەکـــەم : لاتکەوتن‌و ئیفلاسی گەلێ کەس بەهۆی قومارەوە ! زۆر جـار هەڵئەکەوێ یـەکێ لـە قومارچیەکـان رق ئەگرێ‌و چەن ماڵ‌و دارایی هەیە لە یەك شوێنا دای‌ئەنێ‌و بە لاتی ئەڕواتە دەرەوە٠ دووەم : نەهێشتنی عەلاقەو پەیوەندی دۆستی ؛ لە کاتی ئەو قومارکردنەدا گەلێ کەس لە حاڵی تەبیعی دەرئەچێ‌و چـــەن ئـاشووب ئەگێڕێ‌و زۆر جار ئەبێ بە بەکارهێنانی خەنجەرو کارد بۆ بریندارکردنی موقابیلەکەی ٠ سێهەم : زایـەکردنـی کات بەبێ سوود ، چوارەم : دوورکەوتنەوە لەبەجێ‌هێنانـــی واجباتی دینی یا دنیایی خۆی ٠ پێنجەم : تووش‌بوونی بە مەراق بەهۆی زیان‌کردنەوە ٠

وە سوودەکەی ئەو پارەیەتە کە دەستی ئەکەوێ ئەگەر لە قومارەکەدا سەرکەوێ ٠ جا لە واقیعا وەکو خوادی تەعـــالا ئەفەرموێت :

﴿ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا ﴾ :

تاوان‌و زیانی ئەمانە زۆرترو گەورەترە لە سوودەکەیان ٠ وە سیرڕی ئەوە کە خودا فەرموویەتی (اكبر) و نەیفەرمووە (أكثر) ئەمەیە : کە زیانەکانیان با کەمیش بن زۆر خەتەریان هەیە ٠

لەسەر ئەمەیە کە حەزرەتـــی عوثمـــان فەرموویەتی :

(اجتنبوا الخمر فانها ام الخبائث) واته : خۆتان دوور بگرن له شەرابخواردنەوە : بەڕاستی شەراب دایکی گەلێ شتی ناباری ناهەموارە • هەتا وتوویانە : هەرکەسێ نوێژ بکا ئەنجامی خراپ نابێ . وە یەکێ شەراب بخوا ئەنجامی باش نابێ •

وە لەگەڵ ئەوەدا کە (خمر) ئەوەیە دروست بکرێ لە ئاوی ترێ هەر مەشرووبێ ئینسان سەرخۆش بکا ئیمامە موجتەهیدەکان وەکو خەمر بە حەرامیان داناوە • وە زیاد لە ئیجتیهادی ئەوان حەزرەت (د) فەرموویەتی : هەرشتێ ئینسان سەرخۆش بکا ئەوە وەکو خەمرەو واجبە موسوڵمان لێی دووربکەوێتەوە •

وە (مەیسەر) ئەگەرچی بریتی بووە لەو قومارە تایبەتییە هەرچی ئەو شێوەیە ببێو لەسەر ماڵ بێ . وەکو : پشکیلانو ، گۆرەوی بازیو ، لارباییو ، یانسیبو . گاڵتەی شێرو خەت •• هەموو ئەمانە حەرامن . وە سوودی ئەمانە بە مەعنا خواردنی ماڵی خەڵکە بە بەتاڵ . وە پێویستە ئینسانی موسوڵمان خۆی دووربکاتەوە لێیان ••• خودای تەعالا عەقڵی داوە بە ئادەمیزاد هەتا ببن بە ئێشکچیو حارسو چاودێر لەسەر حاڵو ماڵو ساغیو بەرزیو سەربەرزی دنیاو قیامەت • زۆر زۆر هۆی ئەسەفە کە ئینسان ئەم حارسە بەهێزە مەنع بکا لە ئیش‌کردنو خۆی بەرەڵا بکا بۆ کاری ناڕەواو شەرمهێنەر •

﴿ وَيَسْئَلُونَكَ مَاذا يُنْفِقُونَ ﴾ :

ریوایەتکراوە کە خاوەنی ئەم پرسیارەیش هەر عەمری کوڕی جەمووح بوو کە جاری پێشوو پرسیاری کرد ، بەڵام جاری

پێشوو پرسیاری لە مەسرەف کرد یانی ماڵەکەی بەکێ بـــدا • وەکو لە یەکێ لە وەڵامەکاندا باسمانکـــرد • وە لـــەم جارەدا پرسیار لە ئەندازەی ماڵەکە ئەکا هەتا بزانێ کەمە یا زۆرە • وە ئەگەر جاری پێشوویش هەر پرسیاری لە ئەندازەی ماڵەکـــە بووبێ لەبەر ئەوە کە وەڵامەکەی بە شتی تر بوو هەر پێویستی بوو بە پرسیار بۆ دیاریکردنی ئەندازەی ماڵەکە • جا خودای تەعالا فەرمووی : (ويسألونك ماذا ينفقون) : پرسیارت لـــێ ئەکەن : چی سەرف بکەن لە ماڵی خۆیان ؟ نەوعی ماڵەکە چـــی بێ ؟ وە ئەندازەی چەندێ بێ ؟

﴿ قُلِ : العَفْوَ ﴾ :

تۆیش بڵێ ـ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ـ : ئەو ئەندازەیە سەرف بکەن کە بۆتان دەسبدا ، بە ئاسانیو بە خۆشـــی دڵ ؛ چونکی خەرجکردنی ماڵ بۆ ئیحسانو جەزایەو شتێ بەناخواستی دڵ بیدا بەداماو نیەتی باشو ئیخلاصی لەگەڵدا نیەو کابـــرا خێری پێ ناگا • بەڵێ بازێ جار کابرا بە ئیخلاصی دڵ ماڵێکـــی زۆر سەرف ئەکا بەڵام چونکی خۆی داماوە بۆ ماڵ خودا ئـــەم سەرفەی پێخۆش نیە ، وەکو ئیبنو سەعد (خ) ریوایەتـــــی کردووە لە جابیرەوە (خ) ئەڵێت : ئەبو حصەینی سەلەمی جارێ هات بۆ خزمەتی حەزرەتو بە قەی هێلکەکۆترێ ئاڵتوونی پێبو ، وتی : یا رەسوولەڵلا ئەم ئاڵتوونەم دەسکەوتووە لە غەنیمـــەو غەیری ئەمە هیچ ماڵم نیە ، وا هێناومە بۆ خزمەتت سەرفی بکە• وە حەزرەت ئیعرازی ناو جوابی نەداوە تا سێ جار ، لە جـــاری دواییدا حەزرەت ئاڵتوونەکەی بۆ فڕەدا ، ئەگەر لێی بکەوتایـــە

برینداری ئەکرد ! وە بە زویرییەوە فەرمووی : چۆن ئەبێ یەکێ لە ئێوە هەرچی هەیە بەجارێ ئەیهێنێو ئەیکا بە خێر وە لە پاشا ئەڕوات داوای شت لە خەڵك ئەکات؟! خێری وەها خێر نیە ، خێر ئەوەیە کە لەسەر دەس رۆیشتنو بێ نیازی بێ ، وە بەر لەهەموو شتێ پێویستە دەس بکەی بە سەرف بۆ ئەوانە کە ژیواریان واجبە لەسەرت ، وەکو : خۆتو ، ژنەکەتو ، منداڵی ناباڵغت ٠

﴿ كَذالِكَ يُبَيِّنُ اللهَ لَكُمُ الآياتِ ﴾ :

بەم جۆرە کە بەیانی کرد سەرفی ئەندازەی ئاسان باشە وەها خودا بەیانی ئایاتی خۆی ئەکا بۆ ئێوە ٠

﴿ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴾ : (٢١٩)

بەڵکو ئێوە بیربکەنەوە لە ئایاتی منداو ئەحکامی دینیان لێ دەربێنن ٠

﴿ في الدُّنْيا والآخِرَةِ ﴾ :

وە بیربکەنەوە لە کاروباری دنیاو ئاخیرەتا ٠

(ویسألونك عن الیتامی ٠٠ الآیة) ئەبو داوود ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) پاش ئەوە کە ئایەتی (ولا تقربوا مال الیتیم الا بالتي هي أحسن) نازڵبوو ئەو کەسانە کە هەتیویان لەلابوو رۆیشتن ماڵی هەتیوەکانیان جیاکردەوە لە ماڵی خۆیانو بەجیاوازی خواردەمەنییان بۆ ئامادە ئەکردن ٠ ئەمەیش زۆر زەحمەت بوو لەسەریان ٠ جا رۆیشتن بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) حاڵی خۆیان بۆ

گێڕا۔ێوه جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە فەرمووی :

﴿ وَ يَسْئَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى ﴾ :

موسوڵمانان پرسیارت لێ ئەکەن لە یاسای رابواردنیـــانو رەفتاریان لەگەڵ ئەو هەتیوانە کە وان لە لایان ٠

﴿ قُلْ : إِصْلَاحٌ لَهُمْ خَيْرٌ ﴾ :

تۆ بفەرموو رێکخستنی ئەحواڵیانو خزمەتکردنیان بـــە تەمێکردنیان لەسەر چاکەو مەنعـــی رەوشتی خـــراپ لێیانو راگرتنی پاکی لەشیانو پارازتنیان لەهەموو زیانێ ئەمـــە زۆر کارێکی باشو بەسوودە بۆ دنیاو قیامەتتان ٠

﴿ وَ إِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ ﴾ :

وە ئەگەر بەماڵو رۆزیو خواردەمەنیش تێکەڵیان ببـــنو بەیەکەوە بخۆنو بخۆنەوە ئەوە بزانن وەکو براو خوشـــکی ئێوەن لە دینا ، چۆن رەفتار ئەکەن لەگەڵ براو خوشکی خۆتانا لەو ماڵەدا کە تێکەڵەو بە یەکەوە ئەیخۆن وەها لەگەڵ ئەوانیشا بژینو بە عەمدی زیانیان لێمەدەنو ئاگاتان لەخۆتان بێ ٠

﴿ وَ اللّٰهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ ﴾ :

خودای تەعالا زانایە بە هەموو شتێ ، وە پیاوی خراپەکار لە ئینسانی چاك ئیشکەرو چازیزیانکەر جیائەکاتەوە ٠ ئەوسا هەرکەسێ کردەوەی باش بێ جەزای ئەداتەوە بە کـــەرەم ، وە هەرکەسێ کردەوەی خراپ بێ حەقی لێ ئەسێنێ ٠

﴿ وَ لَوْ شَاءَ لَأَعْنَتَكُمْ ﴾ :

وه ئەگەر خودا بیویستایە کە گیرۆدەی ئازارتـان بکـــاو تەنگیڤی ئەوەتان لێ بکا بە دەوام نانو ئاویان بۆ جیا بکەنەوە ئەوە بەڕاستی ئازاری ئەدانو تووشی زەحمەتی ئەکردن ٠

﴿ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (٢٢٠)

خودای تەعالا بەڕاستی زاڵە بەسەر خواستی خۆیا ٠ وە هەر شتێ بکا بەحیکمەت ئەیکا ، بۆیە گیرۆدەی ئازاری نەکردنو تیبجزەی دا کە ئەگەل هەتیوەکانا وەکو برا بژین ٠

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەلیلە لەسەر ئەوە ئەگەر کەسێ دوو سەر منداڵی بوو وە هەتیوێکی ماڵداریشی لەلابوو مەسرەفـی ئەو ماڵە لە خواردەمەنیدا لەسەر چواربەش تەماشا بکا : دیناری لە ماڵی منداڵەکەو سێ دینار لە ماڵی خۆی بدا بە خواردەمەنیو بە یەکەوە بیخۆن ٠ وە ئەگەر کابرا موعەددەل ڕۆژی دوو میوانی ئەهات ئەوە مەسرەف لەسەر شەش بەش دابنێ : دیناری لـــە ماڵی هەتیوەکەو پێنج دینار لە ماڵی خۆی بدا بە رزقو بەیەکـا بیخۆن ٠ وە ئەگەر شتێ کەم یا زیاد هەڵکەوت لە ماڵی هەتیوەکە کەوتە لای کابرا ئەوە بە شتێکی تر تۆڵەی بۆ بکاتەوەو لـــە بازێ شتی زۆر کەمیش خودا میهرەبانەو چاوپۆشـــە ٠ (ولا تنكحوا المشركات ٠٠ الآية) ریوایەتکراوە کـــە حەزرەت (د) کەنازی کوڕی حصەینی غەنەوی بە پەنامەکی نارد بۆ مەککەی موکەڕڕەمە کە لە شەودا یەکێ لە ئەصحابەکانی لە مەککـــەدا بەجێماببوو بیهێنێ بۆ مەدینە ، کاتێ گەیشت بە مەککە ئـــەم کەنازە دۆستی ژنێك بوو ناوی (عناق) بوو عەناق پێـــی

زانیو هات بۆ لای کەنناز ، وە داوایرابواردنی لـــێ کرد ، ئەویش پێی وت : وەختێ خۆی من کافر بووم‌و ئیستە دینـــی ئیسلامم وەرگرتووەو ناتوانم لەگەڵ ژنی بێگانە رابوێرم ! جا عەناق داوای کرد کە مارەی ببڕێ‌و بە شەرع ببێ بە حەڵاڵی ، ئەویش وتی : بابڕۆمەوە بۆ مەدینەو پرسیار بکەم لە حەزرەت ئـەگەر ئیجازەی پێـدام باشـە • کاتێ رۆیشتەوە مەدینـــەی مونەووەرە پرسیاری لە حەزرەت کرد بۆ ئەم کارە . وەئەم ئایەتە نازڵبوو •

﴿ و لا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ ﴾ :

ژنی کافری شەریك بۆ خودا دانەر مارە مەکەن ، ئـــەی موسوڵمانەکان هەتا ئیمان دێنن‌و موسوڵمان ئەبن •

﴿ و لأَمَةٌ مُؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكَةٍ وَلَـــوْ أَعْجَبَتْكُمْ ﴾ :

بەڕاستی جارییەکی خاوەن ئیمان باشترە بۆ ئێوە لە ژنێکی حوڕڕەی ئازادی موشریکە ، با ئەوەندەیش جوان بێ یا ماڵدار بێ کە ئێوە بخاتە تەعەجوبەوە •

﴿ وَلا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا ﴾ :

وە ژن مارەمەبڕن لە پیاوی کافری شەریك بۆ خودا دانەر هەتا ئیمان دێنن‌و موسوڵمان ئەبن •

﴿ وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْـــرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ﴾ :

بەڕاستی بەندەیەکی موسوڵمان زۆر باشترە لە حوڕڕێکی کافری شەریك بۆ خودادانەر ئەگەرچی بە ماڵ یا بە جوانی ئێوە بخاتە تەعەجوبەوە ·

﴿ أولئِكَ يَدْعُونَ إلى النّارِ وَاللهُ يَدْعُوا إلى الجَنّةِ وَالمغْفِرةِ بِإذْنِهِ ﴾ :

ئەو کافرانە خەڵك بانگ ئەکەن بۆ لای ئاگری دۆزەخ ؛ چونکی خەڵك بانگ ئەکەن بۆ کوفر ، وە کوفریش ئینسان ئەبا بۆ ئاگری دۆزەخ هەتاهەتایە · وە خودای تەعالا بە هۆی دینی ئیسلامەوە ئێوە بانگ ئەکا بۆ بەهەشتو بۆ عەفوکردنی تاوانێ کە زوو کردوویانە لەبەر میهرەبانی خۆیو بەسەرفی کەرەمی خۆی ·

﴿ وَيُبَيِّنُ آياتِهِ لِلنّاسِ لَعَلّهُمْ يَتَذَكّرُونَ ﴾ (٢٢١)

خودای تەعالا ئایاتی خۆی نازڵ ئەکا ، وە ئەحکامی دینی خۆی کە ئیسلامە رووناكئەکاتەوە بۆ ئەوانە ئەکەونە دووی رووناکی ، بەڵکو بیربکەنەوەو لە بیرو باوەڕی ناهەموار لادەنو کردەوەی ناشیرین تەرك بکەن ·

بزانن : کە نیکاح لە زمانی عەرەبا بریتییە لە : پێکەوە لکانو کردەوەبوونی دوو شت یا چەن شت . وە لە عورفی شەرعا عیبارەتە : لە عەقدێ کە ببێ بە هۆی حەڵاڵبوونی چوونەلای ژنێ بە لەفزی (ئینکاح) یا (تەزویج) یا تەرجومەی ئەمانە ·

وه ئەرکانی نیکاح لەلای ئیمامی شافیعی پێنجە : زەوج = مێرد زەوجة = ژن . وەلی = ئەوکەسەی کە حەقداری ژنەکەیەو ئەتوانێ مارەی ببڕێ . وە دوو شاهید کە حازربن بۆ بیستنی ئەم عەقدە ، وە لەفزی جاری لە عەقدەکەدا وەکو (ئیجاب)و (قەبوول) .

وە دەلیل لەسەر ئیعتیباری (وەلی) چەن ئایەتە وەکو ئەم ئایاتە کە ئەفەرموێت : (ولا تنكحوا المشركين حتى يؤمنوا) بە (ضەممەی) تێی (تنكحوا) کە نەصە لە خیطاب لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە حەقداری ژنەکانن ، وە ئایەتی : (فانكحوهن باذن اهلهن) ئایەتی (٢٥)لە سوورەتی (نیساء) . وە ئایەتی : (وانكحوا الايامى منكم والصالحين من عبادكم وامائكم) ئایەتی (٣٢) سوورەتی (نور)بە فەتحی هەمزەی (انكحوا) کە بۆ ئەمرە بە ئەولیای ژنەکان . وە حەدیثی (لا نكاح الا بولي وشاهدي عدل) . هەروا ئەم فەرموودە ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئیعتیباری دوو شاهیدی عادیل لە عەقدی نیکاحدا .

وە صیغەی ئیجابو قەبوول عیبارەتە لەو چەن کەلیمە کە عەقدەکەی پێ جێبەجێ ئەبێ کە ئیجاب لەلایەنی وەلی ژنەکەوەو قەبوول لەلایەنی طالیبی ژنەکەوە خۆیان یا وەکیلیان . بەم مەرجە ئەو لەفزە نەشەرتی تەعلیق نە تەوقیتی تیا نەبێ . وە ریزی وەلییەکان : باوکەو ، باپیرەیەو ، برای باوکو دایکی ، جا برای باوکی ، جا کوڕیان بەڕیز ، جا مامی باوکو دایکی ، جا مامی باوکی ، جا کوڕی مامی باوکو دایکی ، جا کوڕی مامی باوکی ، هەروا مامی باوکی ژنەکە . وەلحاصل

وەلی : پیاوێکە لە رشتەی عەصەبەی نەسەبدا لە توصوول یا لە حاشییەدا • کە ئەمانە نەبوون ، جا سولطانی ئیسلام وە یا جێگەداری •

وە ئەو ژنە کە مارەئەکرێ یا کچە یا بێوەژنە . وە ئەم دوانە یا منداڵو نابالغ وە یا باڵغەن . وە ئەمانە یا زیرن یاشێتو نەفامن . جا با لەسەر ئەم ریزە باسیان بکەین •

یەکەم : کچی منداڵی ژیر ئەمە کەس مارەی نابڕێ ئیللا باوك یا باپیرە ئەگەر باوکی نەبوو بەم شەرتە طالیبی کچەکە هاوێنەی بێ لە : دینو ، نەسەبو ، پیشەو ، سەلامەتی لەعەیبو . دارای (مهر المثل) ی کچەکە بێ وە عەداوەت لە بەینی وەلی کچەکەو کچەکەدا نەبێت •

دووەم : کچی منداڵی شێت ئەمەیش کەس مارەی ناکا ئیللا باوكو باپیرە بەڕیزە ئەگەر صلاحو خێر دەرکەوێ لە مارەبڕینا بۆ ئەو کچە •

سێهەم : کچی باڵغەی ژیر . ئەمە ئەگەر ئیجازەی دا بۆ مارەکردن دروستە وەلییەکەی بە ئارەزووی خۆی مارەی بکا لەو کەسە کە مەیلی هەیە . وە ئەگەر ئیجازەی نەدا ئەوە بە قەطعی دروست نیە کەس مارەی ببڕێ ئیللا باوكو باپیرە ، بەو مەرجانە کە ئیستە وتمان •

چوارەم : کچی باڵغەی شێت ، ئەمە دروستە باوكو باپیرەی مارەی ببڕێ بەم مەرجە ئەو مارەبڕینە سوودی دیاری تیابێ بۆ کچەکە . خوای کابرا هاوکوفئی کچەکە بێ یا نە . بەڵام دروست نیە بۆ باقی وەلییەکان کە مارەی ببڕن ئیللا بە شەرتی ئەوە ئەو کەسە بۆی مارە ئەکەن هاوکوفئی بێ • هەروا بۆ قازی دروست نیە مارەی بکا بێ ئەم شەرتە • بەڵام ئیمامی

غەزالی‌و بازێ لە زانا شافیعییەکان فەرموویانە : دروستە بـــۆ غەیری باوك‌و باپیرە مارەی بکا لە غەیری هاوکوفء ئەگـــەر فەسادێ پەیدا ببێ لە مانەوەیا •

پێنجەم : بێوەژنی نابالغەی ژیر ، ئەمە بۆ کەس دروســـت نیە مارەی ببڕێ هەتا بالغ ئەبێ • ئەوسا مارەبڕینی بەسراوە بە ئیزنی خۆیەوە بە هەموو حالێ بەبێ ئیزنی خۆی مارە ناکرێ •

شەشەم : بێوەژنی بالغەی ژیر ، ئەمەیش بۆ کەس دروست نیە مارەی ببڕێ ئیللا بە ئیزنی خۆی •

حەوتەم : بێوەژنی نابالغەی شێت ، ئەمە دروست نیە کەس مارەی ببڕێ ئیللا باوك‌و باپیرە • بەو مەرجە سوود لە مارەبڕینیا دیاربێ •

هەشتەم : بێوەژنی بالغەی شێت ، ئەمە بۆ باوك‌و باپـــیرە دروستە مارەی ببڕن بەم مەرجە سوود دیاربێ لە مارەبڕینیـــا ، بەلام بۆ باقی وەلییەکان‌و بۆ قازی دروست نیـــە مەگەر لـــە هاوکوفء •

بەڵێ لەسەر فەرموودەی ئیمامی غەزالی دروستە مارەی ببڕد ئەگەر ترسی فەسادیان هەبێ ، یا پێویستی بۆ نەفەقە ناچارمان بکـــا •

وەشەرتی مارەبڕینی ژن ئەمەیە : خالی بێ لە نیکاحی غەیرو لە عیددەی غەیر : چ عیددەی طەلاق ، چ عیددەی فەســـخ ، چ عیددەی وەفات •

هەروا بە شەرتگیراوە کە نە داواکەرو نە داواکراوو نـــە وەلی لە ئیحرامی حەجدا نەبن ، وە لەبەینی داواکەرو داواکراودا شیرخواردنی مانیع نەبێ ٠

زاناکانی دین فەرموویانە : پاش کۆلینەوەی مەوزووعـــی مارەبڕینی کچـــی بچکۆلـــە لەلایەنی باوکەوە یا بـــاپیرەوە دەرکەوتووە کە بە شاز نەبێ شەرتەکانی نایەتە جێگە٠وە ئەگەر شەرتەکانی بێنەجێ . بەم نەوعە مارەی ببڕێ بۆ کوڕێکی نابالغو باقی مەرجەکانیش بێنە جێگە ئەوە ئەغلەب جار بەلکو لە هەموو مادەکانا ـ بەشاز نەبێ ـ لەکاتی شووکردنو ژنهێنانی عادەتیدا یا لایەك یا هەردوو لایان بەو مارەبڕینە رازی نینو یەخە لە یەك دائەدڕن ٠ وە ئەم نەوعە مارەبڕینە ئەبێ بە هۆی ئاشووب لەناو موسولمانانا زۆرزۆر مەقسوودە بۆ ئەوانە کە قسەیان ئەڕوا مەنعی بکەن ٠

هەروا مەسەلەی (ژنبەژن) ئەویش بەراوردکرا بەشـــاز نەبێ لە ئەنجاما ئەبێ بە هۆی بەدبەختی ژنەکان لە هەردوو لاوە، وە ئەبێ بە هۆی زایەبوونی منالی هەردوو لا ، وە ئەبێ بـــە هۆی بلاوبوونەوەی فیتنەو ئاشووبی زۆر لـــە ناو کۆمەلـــی موسولمانانا ٠ زۆرزۆر موهیمە بۆ ئەو کەسانە دەستەلاتیـــان هەیە مەنعی ئەمانە بکەن ٠

بزانن ! ئەم ئایەتی (ولا تنكحوا المشركات)ە دەلیلی قەطعی‌یە لەسەر ئەوە کە دروست نیە بۆ موسولمانێ ژنی خاوەن ئیشراك مارە ببڕێ هەتا موسولمان ئەبێ ، خواە ئەو موشـریکە ئاگـــر

پەرست بێ ، یا بتپەرست بێ ، یا گاپەرست بێ ٠

وە لەسەر ئەم یاسا ئەبــوا مارەبڕینـــی ژنـــی گاورو جوولـەکەیش مەمنووع بوایە : چونکی گاورەکان ئەڵێن : عیسا کوڕی خودایە (پەنا بە خودا!) وەئەیپەرستن،وە جوولەکانیش ئەڵێن : (عوزەیر) کوڕی خودایە (معاذ الله !) بەڵام ئایەتی : (والمحصنات من الذين اوتوا الكتاب من قبلكم) ژنـــی گاورو جوولەکـەی جیاکردووەتەوە ، وە دروستە بۆ موسوڵمان مارەیان ببڕێ لەپێش ئەوەدا کـــە ئیسلام ببـــن ئەگـــەر مـــەرجی مارەبڕینەکەیان بێتە جێ ٠ مەسەلا بە دوو شاهیدی عادل سابت ببێ کە باوك‌و باپیرەی ئەو ژنە لەپێش نەسخی دینەکەیانا داخڵی ئەو دینەبوون . هەروا لەپێش ئەوەدا کە دەستیـان برد بـــۆ دینەکەیان بە گۆڕین‌و تێکدان ٠ئەم شەرتە بۆ ژنێکە لە ئەولادی حەزرەتی یەعقووب نەبێ ، وە ئەگەر لەم نەتەوە بوو ئەوە کافیە بۆ مارەکردنی کە نەزانین لەپاش گۆڕین‌و نەسخی دینەکەیـــان داخڵی ئەو دینە بووە ٠ بەڵام پێویستە بـــە شاهیدی عادڵـی موسوڵمان سابت ببێ کە لە رشتە نەسەبی (ئیسرائیل)ەو ئـەم شەرتە نایەتە جێگە ٠ (بناء علیه) لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا مارەبڕینی ژنی جوولەکەو گاور مەمنووعە هەتا موسوڵمان ئەبن. کاتێ کە موسوڵمان بوون دروستە ٠

وە بزانن لەسەر ئیستینادی ئیمامی شافیعی (خ) پێویـــستە ئەو حەقدارە کە کچەکە مارەئەبڕێ ، وە ئەو دوو شاهیدە کـــە حازر ئەبن بۆ بیستنی وتاری عەقدەکە عادڵ بن ٠ یانی خاوەنی تاوانی گەورە نەبـــن وەکـــو حەرامخواردن‌و نوێژنەکردن‌و

رۆژوو نەگرتن ، وە دەوامیان لەسەر تاوانی بچووك نەبێ ، بەلاَم تاوانی بچووك کاتێ ئەبێ بە مانیع کە کابرا (روهەمزەفته) طاعەتو عیبادەتی لەسەر تاوانە بچووکەکانیشا زیاد نەبێ ئەنا دەوام لەسەر تاوانی بچووك مەنعی ویلایەتو شەهادەت ناکا • جا ئەم عەدالەتە بەشاز دەست ئەدا ، لەبەر ئەوە گەلێ لە زاناکانی شافیعی مەزهەب ئیختیاری فەرموودەیەکی دووهەمی شافیعییان کردووە کە ئینسانی فاسق ئەبێ بە وەلی وە مادام بوو بە وەلی دروستە ببێ بە شاهیدیش •

(بناء علیه) بۆ دروستبوونی عەقدی نیکاح واجبە لەسەر حەقدارەکەو شاهیدەکانیو ژنەکەو پیاوەکە ئەگەر لە حەددی بلووغدا بن تەقلیدی ئەم فەرموودەی دووهەمی ئیمامی شافیعییە بکەن کە ئەم زانایانی شافیعییە ئیختیاریان کردووەو هەرچەند ئەم فەرموودەیە زەعیفە بەلاَم بۆ عەمەلپێکردنی دروستەو بەتایبەتی بەئیختیاری زاناکان بەهێزبووە ، هەروا دروستە تەقلیدی نەفسی ئەم زانایانە بکرێ کە خۆیان رازین بە ویلایەتو شەهادەتی ئینسانی فاسق : چونکی ئیمامی غەزالیو ئەمسالی ئەو تەقلیدیان لە ئەحکاما رەوایە وە تەقلید بریتییە لەوە ئەو کەسە کە پەیوەندی هەیە بەم عەقدەوە بزانێ ئەم عەقدە لەسەر فەرموودەی فلاَن ئیمامە بە دیاری کردن یاخود فەرموودەی ئەو ئیمامانە کە رازین بەم عەقدە • وە ئەگەر تەقلید نەکەن ئەو عەقدە بەتاڵە •

ئەم باسانە هەرچەن لە کتێبی شەرعا هەن بەلاَم بۆ زیادەبلاَوکردنەوەی ئەحکامی دین لەم مەقامەدا نووسیمان ، رجایە موسوڵمانانو خۆیشمان لە دنیاو قیامەتا سوودیان لێوەربگرین •• وە تا ئیستە قسەمان لە نیکاح بوو وە وتمان :

ئایەتی (ولا تنكحوا المشركات) مانیعە لە مارەكردنیان وە ئەمما چوونەلای جارییەی موشریكە ئەوە بازێ وتوویانە دروستەو دەلیلیان بەوە هێناوەتەوە كە ئەصحابەكان پاش ئیستیلاو داگرتنی (هەوازین)و دەسكەوتنی جاریە چوونەتە لایان لە كاتێكا ئەوانە موشریكە بوون ! بەڵام ئەم دەلیلە تەواو نیە • لە تەفسیری (قورطبی) بەرگی سێ لاپەڕەی (٧١)دا ئەڵێت : ئیمامی ئەوزاعی فەرموویەتی : پرسیارم لە (زوهری) كرد : كاتێ موسوڵمانێ جارییەیەكی مەجووسییە بسێنێ دروستە بڕواتە لای؟ ئەویش وتی : كاتێ كە شەهادەتی دا بە (لا اله الا الله)دروستە بچێتەلای • وە ریوایەتكراوە كە (یونس)ی كوڕی شەهاب فەرموویەتی : بە قەطعی دروست نیە بڕواتە لای حەتا موسوڵمان ئەبێ • وە یونس لە هەموو تابیعینەكان زاناتر بووە بە رووداوەكانی غەزاكانو سیرەتی حەزرەتو یارانی •

جا ئەبوو عومەر ئەڵێ : قەولی یونسی كوڕی شەهاب دەلیلی قەطعییە لەسەر ئەوە كە هەركەسێ بڵێ سەبایای (ئەوطاس) لە پێش ئیسلامبوونا چوونەتە لایان قسەكەی غەڵەتو هەڵەیە • وە هەروا لە حەسەنی بەصرییەوە(خ) ریوایەتكراوە فەرموویەتی ــ پاشچەنئیسنادێ ــ : « حدثنا هشام عن یونس عن الحسن قال : قال رجل له : یا أبا سعید كیف كنتم تصنعون اذا سبیتموهن ؟ قال : كنا نوجهها الى القبلة ونأمرها أن تسلم وتشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله ، ثم نأمرها أن تغتسل ، واذا أراد صاحبها أن یصیبها لم یصبها حتى یستبرئها » • واتە : پیاوێ فەرمووی : ئەی ئەبووسەعید چیتان ئەكرد كاتێ ئەو ژنە

موشریکانەتان دەستئەکەوت لە تەقسیمی غەنائیمـــدا ؟ ئەویش فەرمووی : رووومان ئەکردنە قیبلەو ئـــەمرمان پێئەکردن بڵێن: آشهد أن لا اله الا الله وأشهد ان محمدا رسول الله ، جا ئەمرمان پێئەکرد خۆی بشورێ ، جا پاش ئەمە ئەگـــــەر خاوەنەکەی بیویستایە بڕواتەلای نەئەڕۆیشتە لای هـــەتا ئـــەو جارییـە ئیستیبراء ئەکرا بە دوو حەیز ، یانی ئەمایەوە لەلای تا دوو جار حەیزی پیا ئەهاتو پاكئەبووەوە ، ئەو جار ئەڕۆیشتە لای ٠

وە زاهیر وایە وەکو چۆن سەبایا هەتا موسوڵمان نەبووبنو ئیستیبرا نەکرابن نەچوونەتە لایان ، هەروا ئەو ژنانەیش کە بە نیکاحی موتعە مارەبڕاون لە فەتحی مەککەو لە غەزای ئەوطاسدا ئەوانیش موسوڵمان بوون ئـــەوسا بڕیـــاری جۆریان لەگـــەڵا دراوە : چونکە مادام لەگەڵ مەملووکەدا ، هەرچەن موڵك بـــە هێزە ، ئیسلام بوونیان شەرتی جەوازی موباشەرەیان بووبـــێ ئەبێ لە مەنکووحەی موتعەیشا وابووبێ ٠ هەرچەن ئەگونجـێ بڵێن موتعە شتێکی وەختیو کەم ماوە بووەو تەڵاقو عیـــددەو نەسەبو میراثو باقی ئەحکامی نیکاحی تیا ئیعتیبار نەکراوە ، بەڵکو چوونە لایێ بووە کە بۆ زەروورەتو ناچاری عوزووبەتو دەغدەغەی مەنی بووە ، موبالات نەکراوە بە موسوڵمانبوونـــی ژنەکان ، بەڵام سەبایای مەملووکەی مەوطووئەی (بالملك) لەبەر دەوامەکەیان پێویستیان بووە بە ئیسلام (والله أعلم) ٠

فەرموودەی خودا (ویسألونك عن المحیض ٠٠٠ الآیة)

ریوات‌کراوە لە ئەنەسەوە (خ) فەرموویەتـــی : یاســـای جوولەکەکان وابووە کاتێ ژنیان ئەکەوتە ناو خوێنی حەیزەوە

ئیتر خواردەمەنییان لەگەڵا نەدەخوارد ، وە لـــە خانوودا لـــە هۆدەیەکدا لەگەڵیا نەدەبوون ۰۰ جا لەم هۆوە ئەصحابەکان لـــە حەزرەتیان پرسیو لە وەڵاما ئەم ئایاتە هاتەخوارەوە ۰ جـــا حەزرەت (د) فەرمانی دا بە ئەصحابەکان کە تێکەڵی ژنەکانیان بکەن لە خواردنو خواردنەوەداو لە هۆدەیەکدا لەگەڵیانا دانیشنو هەموو شتێ بکەن لەگەڵیانا ئیللا جیماع نەبێ ۰

کە جوولەکەکان ئەمەیان بیست وتیان : محەمەد نایـــەوێ یاسایێ لە یاساکانی ئێمە رابگرێ ، وە ئەیەوێ موخالەفەیان بکا بۆ ئەوە ئاساری یاسای ئێمە نەمێنێ ! جا عوببادی کوڕی بیشرو ئوسەیدی کوری حوضەیر هاتن بۆ خزمەتی حەزرەتو ئـــەم باسەیان بۆ گێڕایەوەو وتیان : بۆ ئیجازەمان پێنادەی هەتا لـــە کاتی حەیزا جیماعیش بکەین لەگەڵ ژنەکانمانا ؟ حەزرەت رووی گرژکردو عاجز بوو ، هەتا ئەوان گومانیان برد کە حەزرەت دڵی زویر بووە لەوانو هەستانو رۆیشتن ، پاش رۆیشتنی ئـــەوان بازێ شیریان بە دیاری هێنا بۆ حەزرەت (د)وە حەزرەت بازێ لەو شیرەی نارد بۆیانو خواردیانەوەو تێگەیشتن کە حەزرەت دڵـــی زویر نەبووە لێیان ۰ جا خودای تەعالا ئەفەرموێت :

﴿ وَيَسْئَلُونَكَ عَنِ المَحِيضِ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست رەفیقەکانت پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی حەیزی ژنانە : کە چۆنەو چی لێ پەیدا ئەبێ ؟

﴿ قُلْ : هُوَ أَذىً ﴾ :

ئەی خۆشەویست بفەرموو پێیان : کە خوێنی حەیز شتێکـــی

ڤیزاوییەو بێنی ناخۆشەو مادەکەی پیسە ·

﴿ فَاعْتَزِلُوا النِّساءَ في المَحِيضِ ﴾ :

دەی کەنار بگرن لە ژنەکان لە کاتی حەیزا ·

﴿ و لا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ ﴾ :

نزیکیان مەبنەوە بە جیماعکردن هەتا خۆیان ئەشۆنو غوسلی لەشپیسی ئەکەن ·

﴿ فأذا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ ﴾ :

جا کاتێ کە خۆیان پاك کردەوە بە غوسلی لەشپیسی بچنەلایانو جیماعیان لەگەڵا بکەن لەو شوێنەوە کە خودا فەرمانی دا لێی دووربکەونەوە ، یا لەو شوێنەوە کە خودا ئەمری کردووە بەچوونەلایو حەڵاڵی کردووە بۆتان ·

﴿ إِنَّ اللهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَ يُحِبُّ المُتَطَهِّرِينَ ﴾ (٢٢٢)

بەڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆش‌ئەوێ کە تەوبە ئەکەن لە گوناەو ئەو کەسانەیش کە خۆیان پاك‌ئەکەنەوە لە شتی پیس‌و نارەواو دوورئەکەونەوە لە کاری فەحتی ناهەموارو لە خوێن‌و پێسی نابارو نارۆنە لای ژنەکانیان لە کاتی حەیزاو رائەوەستن لەسەر فەرمانی خودا ·

بزانن ! زاناکانی دین لەوەدا یەکیان گرتووە کە ژن سێ حوکم رووی تێ‌ئەکا لە چاوپێکەوتنی خوێندا کە جاری بێ‌و بێتە خوارەوە لە فەرجیەوە ·

یەکێ لەمانە خوێنی حەیزە کە لە کاتـــی تایبەتیدا دێتەو ڕەنگی ڕەش‌بامەو سووریشی بەسەرا دێو لەم کاتەدا واجبـــە تەرکی نوێژو ڕۆژوو بکا ، بەڵام قەزای ڕۆژووەکەی واجبـەو نوێژەکەی قەزای نیە • هەروا حەرامە لەم ماوەدا بۆی خوێندنی قورئان بە قەسدی قورئان ، وە چوونە مزگەوتو گەڕان بـــە دەوری کەعبەداو گەلێ ئەحکام کە لە شەرعا ڕوونکراونەتەوە •

وە لە جوملەی ئـەو حوکمانەیە کە حەرامە بۆ ژن : تەمکینی مێردەکەی بکا بۆ چوونەلای • وە حەرامە بۆ مێردەکەی لـەزەت وەربگرێ لە مابەینی ناوکو ئەژنۆکانی بـەڕووتی بـە جیماعو غەیری جیماع . وە ئەگەر بیانەوێ بەیەکەوە بنوون واجبە کە ئەو ژنە دەرپێ‌یەك لەپێ بکا مابەینی ناوکو ئەژنۆی‌دا پۆشێ • وە ئەگەر مێردەکەی ڕۆیشتەلای لە ئەووەڵی کاتی حەیزەکـــەوە سوننەتە دیناری ئاڵتوونی ساغ ، وە ئەگەر لە ئاخرا بوو نیودینار ئاڵتوونی ساغ بدا لە کەفارەتی ئەو کردەوەدا بە گــەداو بێ نەوا •

وە لای کەمی ماوەی حەیز یەك شەوورۆژەو لای ژووررووی پانگزە شەوورۆژ ، وە زورمەکەی شەشە یا حەوتو لەسەر یاساو شێوەی ژنان ئەگۆڕێ ، وە لای کەمی پاکی لەبەینی حەیزەکانـا پازدە شەوو ڕۆژەو دەلیلی ئیمامی شافیعی لەمەدا زۆرە •

یەکەم : فەرموودەی حەزرەت کە فەرموویەتی:«تمکث احداهن شطر دهرها لا تصلي ولا تصوم » واتە : ڕائەوەستێ یەکێ لـەو ژنانە لە نیوەی کاتیا نە نوێژ ئەکاو نـە ڕۆژوو ئەگـــرێ ، وە

(شەطر) لەلای ئیمام بە مانا نیوەیە ·

دووەم : ئەمەیە کە عیددەی ژنێ حەیزی هەبێ سێ حەیزو پاکییەو ژنێ کە حەیزی نەبووبێ سێ مانگە ، ئەمە نەصی ئایەتەو مەعنای ئەمە وایە کە هەر مانگێ ماوەی حەیزو پاکییەکە ؛ کەوابێ ئەگەر ماوەی پاکی کەم بێ ماوەی حەیز زۆر ئەبێ ، وە ئەگەر ماوەی پاکی زۆر بێ ماوەی حەیز کەم ئەبێ ·

سێهەم : لە حاڵی بوون لە ئەحواڵی ژنانەوە ·

دووەم (لەو سێ جۆرە خوێنە کە ئافرەت ئەیانبینێ):خوێنی منداڵ بوونە . کە پاش دەرچوونی منداڵەکە رەوان ئەبێ ، ئەم خوێنەیش لە حوکمی شەرعا وەکو خوێنی حەیز وایە ، وە لای کەمی ماوەی ئەم خوێنە یەك لەحزەیەو لای زۆری دوو مانگەو ئەغلەب چل رۆژەو ئەمەیش لەسەر یاسای ژنان ئەگۆڕێ · یانی وا ئەبێ دە رۆژ یا پادزە رۆژ یا کەمتر یا زیاتر لە چل رۆژ ئەبێ ·

سێهەم خوێنی (استحاضة) : کە خوێنی نەخۆشیو ناساغییەو ئەم خوێنە مەنعی رۆژوو نوێژ ناکاو واجبە ئەو ژنە خۆی بپارێزی لە هاتنی خوێن لە کاتی نوێژا بەو یاسا لە شەرعا بەیان کراوە ·

فەرموودەی خودا : (نساؤکم حرث لکم ·· الآیة) :

زاناکان لە هۆی نازڵ بوونیا چەن شتێکیان فەرمووە :

یەکەم : جوولەکەکان ئەیانوت : هەرکەسێ جیماعی عادەتی بکا لەگەڵ ژنەکەیا بەڵام لە لای پشتیەوە ئەوە منداڵێ لەو جیماعە ببێ (خوێل) ئەبێ ! بڵاوبو لەناو مەدینەدا جائەم ئایەتە

هاتەخوارەوە بۆ ئەوە کە جووکەلەکان بەدرۆ بخاتەوە ٠

دووەم : ئەمەیە ئەنصارەکان لە مەدینەی مونەووەرەدا لـە قەدیمەوە ئەو یاسای جوولەکانەیان بیستبوو کە نابێ لە پشتەوە ئینسان جیماع بکا لەگەڵ ژنەکەیا وە پێویستە هەر لە پێشـــەوە جیماع بکا لەگەڵیا ٠

جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو ئەنصارەکانی ئاگادار کردەوە لەوە جیماع لەگەڵ ژندا ، مادام لە جێگەی عادەتییەوە بێ ، ئیتر لـە پێشەوە کابرا بۆی بڕوا یا لە لاوە یا لە پشتەوە مانیعی تیا نیەو ئەو یاسای قەدیمەیان تێکدا ٠

سێهەم : ئەمەیە کە قورەیش لەلایان باش نەبوو یەکێ جیماع بکا لەگەڵ ژنەکەیا لە پێشەوە نەبێ ٠ وە جارێ عومەری کـوڕی خەطاب لەلای پشتەوە چووە لای ژنەکەی ، بە خیلافی یاســـای قورەیش ، جا کە رۆژی لێبووەوە هات بۆ خزمەت حەزرەت (د) عەرزی کرد : بە هیلاکا چووم ! فەرمووی : بۆچی ؟ وتی : ئیمشەو ژنەکەم هەڵسووڕاندو لەلای پشتەوە جیماعم لەگەڵا کرد ٠ جـا پاش ئەوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە بۆ ئەوە کە ئەو کارە زیانـی نیە ٠ جا هۆی نوزوولی ئایەتەکە یەکێ لەوانە بێ یا هەموویـان بێ خودای تەعالا فەرمووی :

﴿ نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ ﴾ :

ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە وەکو عەرزێکی موناسب بۆ تۆم تیاوەشاندن ٠

﴿ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ ﴾ :

دەی کێڵگەی خۆتان بکێڵن هەرچۆن ئەتانەوێ : لە لاوە ، یا لە پێشەوە ، یا لە پاشەوە · وەکو چۆن ئینسانی جووتیار عەرزێ بکێڵێ لە خوارەوە هێڵێ لێ‌بدا یا لە ژوورەوە یا لە لاوە هــەر مەبەس جێ‌بەجێ ئەبێ · مادام تۆوەکەت وەشاند لە عەرزێکـدا بێ لە کەشا بێ‌و تۆو سەوز بکا هەرچۆن بیوەشێنی باشە ·

﴿ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ ﴾ :

بەڵام خێرێ بخەنە پێش خۆتانەوە لەم تۆو وەشاندنا نـاوی خودای لەسەر ببەن · وە مەبەستان پارازتنی خۆتان‌و ژنەکانتان بێ لە فیسق‌و شەواڵپیسی‌و نیەتتان رجای نەتەوەیەکی راساڵـی بەسوود بێ بۆ ژین‌و بۆ دینتان · وە تەنیا ئارەزووڕانی تەماشا مەکەن ·

﴿ وَاتَّقُوا اللَّهَ ﴾ :

لە خودا بترسن لەمەدا کە هەر ئارەزووبازی لە دڵتانا بێ ؛ چونکی ئینسانی موسوڵمان نابێ وتارو رەفتارێ بکا ئیلـلا بـۆ دەسکەوتنی پیرۆزی هەردوو دونیای · وە خۆتان بپارێزن لە لادان بۆ جێگەی غەیرەعادەتی کە پاشی ژنەکانە ؛ چونکی ئەو لادانــە ناڕەوایە ·

﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ مُلَاقُوهُ ﴾ :

وە بەڕاستی بزانن ئێوە لە پاشــەڕۆژا ئــەگەن بە خوداو حسێبی هەموو کردەوەیەکتان لەگەڵ ئەکا ·

﴿ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ (٢٢٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست موژدەی ئەواب بــدە بــەو

موسوڵمانانه که لەسەر ریزی فەرمانەکانی من ئەڕۆن بەڕێداو لە خراپە خۆ ئەپارێزن‌و کردەوەی چاکە ئەکەن ·

جا لێرەدا بزانن ئەو کەسانە کەگومانیان وایە لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ دروستە بۆ پیاو بڕواتە لای ژنی خۆی لە (قنگ)ەوە · گومانەکەیان بەتاڵ‌و پووچە بە چەن دەلیل :

یەکەم : لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت : (نساؤکم حرث لکم) واتە : ژنەکانتان جێگەی تۆو چاندنن بۆ ئێوە ، وە مەعلوومە کە پێشی ژن تۆو ئەڕوێنێ نەك پاشی ! کە وابێ بەکارهێنانی پاشی ژن دروست نیە ·

دووەم : ئایەتی پێش ئەم ئایەتە کە مەنعی ئەوە ئەکا ئینسان بڕواتە لای ژنەکەی لە کاتی حەیزا فەرموویەتی : خوێنی حەیز شتێکی پیس‌و قیزەونەو دروست نیە ئینسان تۆمی خۆی بخاتە شوێنێکەوە خوێنی پیسی تیا بێ ، جا مادام وابێ بە (طریق الاولی) دروست نیە پیاو بچێتە لای ژنی خۆی لە پاشەوە ؛ چونکی پیسی پاشی ئینسان هەمیشەو دائیمەو ، جێگەکەیشی تۆم ناڕوێنێ‌و پیسی پێشی ژن جارجارەو تۆم ئەڕوێنێ · کەوابوو چوونەلای ژن لە پاشەوە ناباترە لە چوونەلای کاتی خوێنی حەیزا ؛ چونکی پیسی پاش ناباترەو بۆگەنترەو بە دەوامترەو هیچیش سەوز ناکا ·

سێهەم : ئەم ئایەتە نازڵبووە بۆ بەیانی چلۆنیەتی چوونەلای ژن ، وەکو وتمان جوولەکەکان ئەیانوت : نابێ ئینسان لەلای دواوە بڕواتە لای ژنی خۆی ئەگەرنا منالەکەی خوێل ئەبێ · وە ئایەتەکە جوابی ئەوە ئەداتە وە کە ئەو گومانە راست نیە ، وە ئەگەر وەهایش بڕواتە لای ژنەکەی قەت بەوە منداڵەکەی زیانی پێ ناگاو خوێل نابێ ، ئیتر بۆ ئەوە نازڵ نەبووە کە پاشی ژن

حەلاڵەو ئیستیعمالی دروستە ٠

چوارەم : خودا فەرموویەتی : (فاتوهن من حیث امرکم الله) ، وە زاهیری ئەمر بۆ وجووبە ، وە ئەگەر تەنازول بکەین لە مەعنای وجووب ئەڵێین بۆ (نەدبە)و کەس نەیوتووە لە ئەصحابی زانستو شعوور کە چوونە لای ژن لە پاشەوە واجبە یا مەندووبە . کەوابێ مەعلووم بوو جێگەکە کە خوا ئەمری پێکردووە مەعلوومە ئەبێ پێشی ژنەکە بێ کە بۆ لەزەت بەسوودەو بۆ رواندنی رۆڵەیش بەکارە ٠

پێنجەم : خوزەیمە ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە (د) فەرموویەتی : (ان الله لا یستحی من الحق لا تأتوا النساء في اعجازهن) واتە : خودا تەرکی بەیانی حەق ناکا ، پێتان ئەڵێم : مەچنە لای ژنەکانتان لە قنگیانەوە ٠

هەروا دارەمی بە ئیسناد ریوایەتی کردووە لە ئەبووهورەیرەوە (خ) کە حەزرەت (د) فەرموویە : (من أتى امرأته في دبرها لا ینظر الله الیه یوم القیامة) واتە : کەسێ لە دواوە بڕواتە لای ژنی . خوای تەعالا بۆی ناڕوانێ لە رۆژی قیامەتا ٠ جا لەپاش فەرموودەی حەزرەت (د) ئیتر دەلیل ئەبێ چی بێ ؟

فەرموودەی خودا : (ولا تجعلوا الله عرضة لایمانکم) ٠ ریوایەت کراوە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی ئەبووبەکری صەدیقا (خ) لەو سەردەمەدا کە سوێندی خوارد :لەمەوپاش ماڵی خۆم خەرج ناکەم بۆ (مسطح)ی پوورزام ٠ وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو جورەیجەوە کە نازڵبووە لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی

ڕەواحەدا لەو کاتەدا کە سوێندی خوارد : ئیتر قسە نەکا لەگەڵ بەشیری کوڕی نوعمان کە زاوای بوو خوشکی پێدابوو • جا لەسەر ئەم یاسا خودا فەرموویەتی :

﴿ وَلا تَجْعَلُوا اللهَ عُرْضَةً لأَيْمانِكُمْ ﴾ :

واتە ناوبردنی خودا لە سوێندەکانتانا مەکەن بە مانیعی ئەوە :

﴿ أَنْ تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ ﴾ :

کە خێرو چاکە بکەن لەگەڵ فەقیرانا ، وە یا خۆتان بپارێزن لە عەزابی خودا ، وە میانەی موسوڵمانان باشبکەن •

یانی ئەگەر جارێ سوێندتان خوارد بە ناوی خودا لە سوێندەکەتانا کە چاکە نەکەن لەگەڵ فلان کەسدا ، وە وەختی ئەوە هات خێری پێبکەن مەڵێن : سوێندمان خواردووە وە ناتوانین خێری پێبکەین ، بەڵکو سوێندەکە بشکێننو خێرەکە بکەنو کەفارەتی سوێندەکەتان بدەن • وە ئەگەر سوێندتان خوارد بە ناوی خودا لە سوێندەکەتانا کە ئەدەم لە فلانو ئەیکوژم ، وەیا ئەو شتەی بە زۆر لێئەسێنمو ، تکاکار پێی وتی : رجا ئەکەم ئازاری مەدە وەیا مەیکوژە ، وەیا ئەو شتەی لێمەسێنە ••
تۆ مەڵێ : سوێندم خواردووەو ناوی خودا مانیعە لە تەرکی ئەو شتەو خۆپارازتن لە خودا بەڵکوو سوێندەکەت بشکێنەو تەقوای خودا بکەو کەفارەتی ئەو سوێندە بدەو ئەگەر سوێندت خوارد بە زیکری ناوی خودا کە من ئیصلاحی ناوبەینی ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە دوژمنایەتییان هەیە نایکەمو حەقم نیە بە سەریانەوە •• ئەوە

مادام که تۆ ئیصلاحت پێ ئەکرێ ئیصلاحەکەیان بکەو سوێندەکەت بشکێنەو کەفارەتی سوێندەکە بدەو ناوبردنی خودا لە ناو سوێندەکەدا مەکە بەمانیع لە کردنی ئەو ئیصلاحە • وەکو حەزرەت (د) فەرموویەتی : کەسێ سوێندی خوارد لەسەر شتێو لە ئەنجاما تەماشای کرد غەیری ئەو شتە باشترە ئەوە سوێندەکەی بشکێنێو کەفارەتی سوێندەکەی بدا •

﴿ و اللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٢٤)

خودا قسەی ئێوە ئەبیسێو زانایە بە رازو نیازتان •

جا لەسەر ئەم تەفسیرە (عرضه) یانی مانیع ، وەلامی (لايمانكم) بە مانا (فی) یەو (ان تبروا) بە سراوە بە (عرضه) وە •

وە مەعنایە تر هەیە بۆ ئەم ئایەتە وەکو ئیمامی رازی لە ئەبوو موسلیمەوە نەقڵی کردووە ئەمەیە : کە ناوی خودای تەعالا دەرمەخەنو مەیهێنن بۆ هەموو سوێندێکتان ! واتە کەم سوێند بخۆن بە خوداو ئەو ناوە موقەددەسە گەورە بپارێزن بەڵکو بە هۆی ئەم ئیحتیرامگرتنی ناوی خودایەوە ببن بە ئینسانێکی خێرۆمەندی لە خوداترسی وا کە بتوانن میانەی موسوڵمانان چاكبکەنو خودا رەواج بدا بە قسەتان • وە بزانن خودا هەموو سوێندێ ، بەڵکو هەموو وتارێ ، ئەبێیو زانایە بە هەموو شتێ جا ئاگاداری دەمو دەروونی خۆتان بن •

﴿ لا يُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمانِكُمْ ﴾ :

خودا ناتانگرێو عەزابتان نادا بەو سوێندانە کە دێن بە

دەمتانا بەبێ مەبەستو بەبێ ئەوە کە قەسدی دڵی لەگەڵا بێ ، وەکو ئەوە لە کاتی وتار لەگەڵ کەسێکدا ئەڵێیت : نەوەڵڵا وانیە ، نەوەڵڵا وتاری من راستە ، وەڵڵا ئەڕۆم بۆ فلانە شوێن ·· بەهۆی عادەتگرتنەوە بەمانە ·

﴿ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ ﴾ :

بەڵام خودا ئەتانگرێت بەهۆی ئەو سوێندە درۆیانەوە کە دڵتان وەری ئەگرێو ئەیدا بە زمان ·

﴿ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ (٢٢٥)

خودا چاوپۆشی ئەکا لەشتی لەغوو بە حیلمە بۆ عیباد · لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ هەر سوێندێ ئینسان بیخوات بە بێهۆشی وە یا بە زۆری ستەمکارێو ئەگەر سوێندەکە نەخوات ئازاری بدات ؛ وەکو ئەوە بڵێ : سوێند بخۆ ئەو کارەت نەکردووە وە ئەویش بە ناچار سوێندی بۆ بخوا · ئەوە با سوێندەکەی بکەوێ ، بەڵام لەم سوێندە درۆدا گوناحی پێ ناگا ·

ئاگاداربن هەر سوێندێ ئینسان لەسەر باوەڕی خۆی بیخوا ؛ وەکو بڵێ : فلان کەس لە هەموو خەڵکی ئیمڕۆ باشترە ئەوە هەرچەن موخالیفی واقیع بێ نەگوناهی ئەگاو نە سوێندەکەی ئەکەوێ ؛ چونکی مادام کابرا باوەڕی وەهایە ئەوە سوێندی لەسەر باوەڕەکەی خۆی خواردووەو لە واقیعا باوەڕەکەی وەهایە با شتەکەیش وەها نەبێ ·

بزانن (ایمان) جەمعی (یمین)ە ، کاتی خۆی کەسێ پەیمانی لەگەڵ کەسێکا ببەستایە بە دەستی راستی خۆی دەستی

راستی ئەوی ئەگرت و لەوەوە عەهدو سوێند ناونرا بە (یمین) .

﴿ لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ﴾ :

بۆ ئەو کەسانە هەیە کە سوێند ئەخۆن لە ژنەکانیان جیماعیان لەگەڵدا نەکەن حەقی ماتڵبوون چوار مانگە . وە لەو ماوەدا ژنەکەی بۆی نیە داوای چوونەلای لێبکا یاخود داوای تەڵاقدانی لێ بکا .

﴿ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ (٢٢٦)

جا ئەگەر پیاوە سوێندخۆرەکان گەڕانەوە بۆ سەر حەق و چوونە لای ژنەکانیان لەو ماوەدا ئەوە خودای تەعالا تاوانبەخشە ، تاوانی سوێندخواردنەکەی و سوێندشکاندنەکەی ئەبەخشێ . بەم مەرجە کەفارەتی ئەو سوێندەی بدا .

﴿ وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٢٧)

وە ئەگەر عەزمیان کرد لەسەر تەڵاقدانی ژنەکەو تەڵاقی دا ئەوە بەڕاستی خودا قسەکەی ئەبیێ و زانایە بە حاڵی .

بزانن ! (ئیلاء) لە زمانی عەرەبا : سوێندخواردنە هەرچۆن بێ . وە لە عورفی شەرعا : سوێندخواردنی مێردی ژنە لە نەچوونەلای ژنەکەی ماوەی زیاتر لە چوار مانگ ؛ خواه سوێندەکەی بە ناوی خوداو صیفاتی خودا بێ ، یاخود بە شێوەی تەعلیق کردنی شتێکی دڵنەخواز بێ بەچوونەلای ژنەکەیەوە، وەکو ئەوە بڵێ : ئەگەر لە ماوەی پێنج مانگدا هاتمە لات فلان بەندەم

ئازاد بێ • یا صەد رکات نوێـژ یا رۆژووی دە رۆژم لەسـەر بێ •

ئەم سوێندخواردنە لە سەر ماوەی کەمتر لە چوار مانگ بێ یا زیاتر بە گوناهی گەورە دائەنرێ ؛ چونکی ئەبێ بـە هـۆی ئازاردان بە دڵی ژنەکەی •

جا ئەگەر کابرای سوێند خۆر لەم سوێندەدا بەزیو شکاندیو رۆیشتە لای ژنەکەی ئەوە باشە • وە ئەگەر نەچووە لای ئـەوە هەتا چوار مانگ تەواو ئەبێ ژنەکەی حەقی موراجەعەی حاکمی شەرعی نیە •

وە لە چوار مانگ لایدا ژنەکەی بۆی هەیە بڕوا دەعوا بکا لەسەری لەلای حاکمو داوای ئەوە بکا یا بگەڕێتەوە بۆ سەریاسای ژنو مێردی وەکو عادەت یا تەڵاقی بدا • جا ئەگەر کابرا گەڕایەوە بۆ سەر یاسای عادەتی ئەوە باشە وە ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوە ئەبێ تەڵاقی ژنەکەی بدا ، ئەگەر تەڵاقیشی نەدا ئەوە دروستە بۆ حاکمی شەرع تەڵاقێکی بدا بۆ ئەوە ژنەکە لەم ئازارە رزگـار ببێ •

فەرموودەی خودای تەعالا : (والمطلقات یتربصن •• الآیة)

لە کاتێکا خودای تەعالا باسی مەنعی موسوڵمانانی کرد لـە مارەکردنی ژنانی موشریکـە ، وە فەرمـووی جارییەیەکـی خاوەندین باشترە لە موشریکەیێ ، وە باسی ئەوەی کـرد کـە ژنەکانتانوجارییەکانتان مەزرەعەن بۆ ئێوەو لەزەتیان لێوەربگرن لـەو شوێنەوە کـە خودا ئەمری پێکردوون ، وە باسی مەنعـی موسوڵمانانیشی کرد لە نزیککەوتنەوەی ژن لە کاتی عوزری شەرعیدا

وه له پاش ئەوانه باسی (ایلاء) سوێندخواردنی مێردی کـــرد له چوونەلای ژنەکەی له ماوەی زیاتر لەچوار مانگدا‌و هەڵئەکەوێ کە پاش ئەو ماوەیشە کابرا ژنەکەی تەڵاق ئـــەدا ··· بـــەم موناسەبانەوه باسی (عیددەیژن) = ماوەی ماتڵبوونـــی لـــه شووکردنـــی کرد · وه فەرموویانه[1]: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوه له شانی ئەسمای کچی یەزیدی کوڕی سەکەن · ئەســما ئەڵێت : من تەڵاقدرام لەو کاتەدا ماوەی ماتڵبوونی ژن لە پاش تـــەڵاق دیاری نەکرابوو ··· جا خودای تەعالا فەرمووی ·

﴿ وَالْمُطَلَّقَاتُ ﴾ :

واتە ئەو ژنانە کە مێردەکانیان تەڵاقیان ئـــەدەن لەپاش چوونەلایان‌و حامیله نین‌و حەیزیشیان پیادێ ئەوانه :

﴿ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ﴾ :

واجبە کە نەفسی خۆیان رابگرن له شووکردن ·

﴿ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ ﴾ :

تا ماوەی سێ قورء ·

بزانن ! کە (قورء) له زمانی عەرەبا موشتەرەکە لەبەینـــی مانای حەیزو طوهردا · وه لەم ئایەتـــە پیرۆزەدا بازێ لـــه ئەصحابەکان‌و تابیعین تەفسیریان کردووەتەوە بە حەیزو بازێکیان تەفسیریان کردووەتەوە بە طوهر ، وه ئیمامی شـــافیعی ئەمەی

---

(۱) ئەبوو داودو بەیهەقی له کتێبی (سونەن) دا ئەمەیان ڕیوایەت کردووه ·

ئیختیارکردووەو مەبەستیشی لەو طوهرە طوهرێکە کە ژن لـەو طوهرە بگوێزێتەوە بۆ حەیز . ئەنا پاکی ژن لە پێش ئەوەدا کە حەیزی پێدابێت یا لە پاش ئەوە کە نائومێد بوو لە حەیز ناوی نابا بە (قورء) . وە بازێ لە زاناکـــان فەرموویانە : کـــە مەبەستی ئیمام گوێزانەوەی ژنە لە طوهرەوە بۆ حـــەیز . وە دەلیل لە مەعقوول بۆ ئەم مەبەستە ئەمەیە کە مەقسوود لە عیددە ئەوەیە کە منداڵدانی ژن پاك ببێتەوە لە ئاوی مێردەپێشووەکەی ئەوەیش کە ببێ . بە نیشانە بۆ ئـــەم پاکبوونەوە ئینتیقالـە لـــە طوهرەوە بـــۆ حەیـــز لـــەبـــەر ئـــەوە ئەمـــە دەلیلە لەسەر کرانەوەی دەمی منداڵدانو هیچ تۆمی پیاو نەکرساوە لە ناو منداڵداندا ئیتر دەرکاکەی دێتەوەیەكو ئەبەسرێ . بـــەلام ئینتیقاڵ لە حەیزەوە بۆ طوهر ئەبێ بە نیشانە لەسەر بەسراوی دەرکای منداڵدانو نیشانەی گرسانی تۆمی پیاوو ژن .

وە دەلیلی نەقلی وەکو ئایەتی (فطلقوهن لعدتهن) : چونکی مەعنای وایە ژنەکانتان تەلاق بدەن لە کاتێکا دەستئەکەن بـــە عیددە بەم مەعنا پاش وەختی تەلاقدانەکە لە وەختی عیـــددە بژمێررێ وەکو ئەو تەلاقانە کە لە کاتی پاکی ژنانەوە مـــاوەی پاکی ئەمێنێتەوە لە پاش تەلاقەکە ، وە یا گورج دەست بکەن بـــە حەیز وەکو ئەوە لەپێش لەحزەی ئاخری پاکیدا تەلاقی بدا . وە بە ئاشکرا ئەمە دەس نادا بـــۆ تەلاقـــدان لە کاتی حەیزا ، وە تەلاقدان لە حەیزا ناشەرعییە . لەبەر ئـــــەوە کە بوخاریو موسلیم (خ) ریوایەتیان کردووە کاتێ (ابن عمر)،(خ) ژنەکەی لەکاتی حەیزدا تەلاقداو باوکی ئەم باسەی عەرزی حـــەزرەت کرد ئەویش زویر بو وە فەرمانی دا بە عومەر کە ئەمر بکا بـــە

عەبدوڵلای کوڕی ژنەکەی رجووع بکاتەوە بۆ لای خۆیو لـــە لای خۆی رای‌بگرێ هەتا پاك‌ئەبێتەوەو لەو پاکییەیش ئەڕوا بۆ حەیز وە لەو حەیزەیش پاك ئەبێتەوە . لە پاشان ئەگەر مەیـــلی لەسەری بوو رای‌بگرێ لای خۆی وە ئەگەر مەیلی لێ‌نەبوو تەلاقی بدا لە پێش ئەوەدا کە بڕواتە لایو جیماعی لەگەڵ بکـــا ، وە ئەمەیە ئەو عیددە کە خودا ئەمری کردووە ژن تـــەلاق‌بدرێت لەگەڵیا .

﴿ و لا يَحِلُّ لَهنَّ أن يكتمْنَ ما خَلَــق اللهُ في أرحامِهِن إنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللهِ و اليومِ الآخِرِ ﴾ :

واتە : مادام ئێمە حورمەتی ئەو ژنانە رائەگرینو کـــەس نانێرین بۆ حاڵیبوون لە حەملیانو لە حەیزیان بۆیان دروست‌نیە ئەوەی خودا دروستی‌کردووە لە منداڵدانیانا لە خوێنی حەیزو لە حەمل بیشارنەوە لە حاکمی شەرع : کاتێ حەیزیان بەسەرا هات دەری‌ببڕنو ونـــی نەکـــەن بۆ ئەوەی کـــە نەفەقـــە لـــە مێردەپێشووەکەیان بسێنن ، وە ئەگەر حەیزیان نەبوو نەڵێن : حەیزمان پیاهاتووە بۆ ئەوە کە حەقی رەجعەتیان لەلایەنـــی مێردەکانیانەوە نەمێنێ ، وە یا شووبکەن بە کەسێکـــی تر .. هەروا ئەگەر حەملیان پەیدابوو دەری ببڕن بۆ ئەوە حەقـــی رەجعەیان بمێنێ هەتا دانانی منداڵەکەو زیان لە کابرای پێشوو نەکەوێ ، وە یا خود شوو نەکەن بە پیاوێکی تر ، وە کاتـــێ منداڵەکەی لێ بوو بە ماوەی شەش مانگ یا زیاتر بدرێ بـــەم پیاوە دووهەمەکە ... ئەمانە هەموو گوناهن دەس‌نادەن بۆ ئەو

ژنانە کە باوەڕیان هەیـە بـە خوداو حسێبو کتێبـی ڕۆژی قیامەت .

﴿ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ ﴾ :

وە مێردی ژنە تەڵاقدراوەکان موناسبترن بۆ گەڕانـەوەی ژنەکان بۆ لای لەو ماوەی ماتڵبوونی (عیددە)دا لەوە کە وازیان لێبێننو پاش عیددە شوو بکەن بە شەخسێکی تر .

﴿ إِنْ أَرَادُوا إِصْلاحاً ﴾ :

ئەگەر مێردەکان خواستیان لەم گێڕانەوەیانە ڕێکخستنـی ناوبەینو چاکەکردن لەگەڵ ژنەکانا بێ .

﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ :

بڕیاردراوە لە لایەنی ئێمەوە لە حوقووق بۆ ژنەکان لەسەر پیاوەکان وێنەی ئەو حوقووقانە کە بۆ پیاوەکان هەیە لەسـەر ژنەکان .

ئیمامی ترمذیو ، نسائیو ، ئیبنو ماجەھ ڕیوایەتیـان کردووە لە عەمری کوڕی ئەحوەص کە حەزرەت (د) فەرموویەتی: ئاگاداربن کە بۆ ئێوە حەق هەیە لەسەر ژنەکانتان ، وە بـۆ ژنەکانیشتان حەق هەیە لەسەر ئێوە ؛ جا حەقی ئێوە لەسـەر ژنەکان ئەوەیە کە ڕێگەی کەسێکی وا نەدەن بۆ چوونەماڵی ئێوە کە ئێوە حەزی لێنەکەن وە نەیەڵن کەسێکی وا لەسەر جێگەی ئێوە دابنیشێ کە ئێوە حەزی لێنەکەن. واتە: ئەو کەسانە کە بەدخووو بێئەخلاقن لە نامەحرەمەکان ئیزنیان نەدەن بڕۆنە خانوویان وە یا لەسەر فەرشی ئەوان دانیشێ . وە حەقی ژنەکانیش لەسـەر

پیاوەکان ئەمەیە کە پیاوەکان رووخۆش بن‌و رەفتاریان لەگەڵا بکەن بە شێوەیێ بە شەرع‌و عاداتی موسوڵمانان رەوابێ • وە لە حوقووقی ژنە لەسەر پیاو خۆی بە پاکی رابگرێ لە بەرگ‌و پۆشاکدا ، وەکو لە حوقووقی پیاوە لەسەر ژن کە خۆی بەپاکی رابگرێ‌و هەرکاتێ مێردەکەی بانگی‌کرد بۆ لای خۆی ـ بەبێ عوزرێکی شەرعی ـ موخالەفەی نەکا • هەروا واجبە لەسەر ژنەکە بەبێ ئیزنی مێردەکەی جێگەو ماڵی خۆی بەجێ‌نەیەڵێ‌و سەفەر نەکاو مەسرەفێ نەکا لە عادەت دەرچێ •

﴿ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ﴾ :

وە بۆ پیاوەکان هەیە لەسەر ئەوان پلەو پایەیێ : چونکی پیاوەکان مارەیی ئەدەن بە ژنەکان‌و مەسرەفیان ئەکێشن‌و خانوویان بۆ ئەگرن‌و ئەیانپارێزن لە شتی نابار • کەوابوو پێویستە لەسەر ژنەکان بەچاوی گەورەیی‌و حورمەت بڕوانن بۆ مێردەکانیان‌و بڕیاری ئەوە بدەن کە واجبە ئیطاعەیان بکەن‌و لە ئەمری شەرعی‌ی ئەوان دەرنەچن •

﴿ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (٢٢٨)

بزانن خودا غاڵب‌و زاڵە بەسەر بەجێ‌هێنانی هەرچی خواستی لێ بێ . وەکو تۆڵەسەندنەوە لەو مێردانە کە کردەوەیان لەگەڵ ژنەکانا خراپە وە لەو ژنانە کە رەفتاریان باش‌نیەو مێردەکان ناچار ئەکەن بۆ تەڵاقدانیان • وە خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە غالبا مۆڵەتی هەیەو بە کوتوپڕ تۆڵە ناسێنێتەوە • ئەنا وەها مەزانن کە خودا موبالات بەحەق ناکا !

فەرموودەی خودای تەعالا : (الطلاق مرتان ٠٠٠ الآية)

ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عائیشەوە (خ) کە لە ئەووەڵی ئیسلاما عادەت وابوو مێرد ژنەکەی خۆی تەڵاق ئەدا هەرچەن خواستی بوایێ : یەکێ ، دوان ، سیان یا زیاتر ٠٠٠وە ئەو ژنەیشی هەر بە ژنی خۆی ئەزانی هەتا لە ماوەی عیددەدا بوایێ هەرچەن صەد تەڵاقیشی بدایێ ٠ هەتا جارێ پیاوێ وتی بە ژنەکەی : وەڵڵاهی تەڵاقت نادەم وا کە جیاببیتەوە لێم ، وە لە لای خۆیشم جێگەت ناکەمەوە وەکو ژن لەگەڵ پیاوا ! ژنەکەی وتی : ئەمە چۆن ئەبێ ؟ پیاوەکە وتی : تەڵاقت ئەدەمو بەرەڵات ئەکەم هەتا کاتێ نزیك بێ عیددەکەت تەواو ئەبێ جا ئەتهێنمەوە ، هەروا هەتاهەتایە ٠٠٠

جا ئەو ژنە رۆیشت بۆ لای عائیشەو باسەکەی عەرزکرد ، ئەویش گێڕایەوە بۆ حەزرەت (د) جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ٠ ئەمە ریوایەتی ترمزیو حاکمە (خ) ٠

وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) : عادەت بوو کە پیاو ماڵی ژنی خۆی ئەخوارد ، چی لەو مارەییە کە پێیدابوو وەچی لە غەیری ئەوە ، وە ئەمەی بە تاوان نەدەزانی هەتا (ولا یحل لکم) هاتەخوارەوە ٠

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنو جورەیجەوە کە ئایەتی (ولا یحل لکم أن تأخذوا ٠٠٠) تا ئاخر ٠ نازڵ بوو لە شانی حەبیبەی کچی سەهلی ئەنصاریدا کە ژنی سابیتی کوڕی قەیس کوڕی شەمماس بوو ، وە ژنەکە حەزی لەو نەدەکرد ، بەڵام ئەو ژنەکەی زۆر خۆشئەویست ٠ جارێ قسەیێ کەوتە بەینیانەوەو ژنەکە

هات بۆ لای باوکی شکاتی کرد لە قەیس‌و وتی : لێم‌ئەداو جنێو بە باوکم ئەدا ، ئەویش پێی‌وت : بڕۆرەوە بۆ لای مێردی خۆت· تا دوو سێ جار ئەم ژنە رۆیشت بـــۆ لای باوکـــی‌و باوکـی ئەینارردەوە بۆ مالّی مێردەکەی ·

کە حەبیبە حالّی بوو باوکی موبالاتی پێ‌ناکا رۆیشت بـۆ خزمەتی حەزرەت (د)و ئاساری لێدانیش لە لەشـــیا دیاربوو و شکاتی مێردەکەی کرد · جـا حەزرەت ناردی بە شوێن ثابیتـــا هات‌و عەرزی کرد : قەسەم بەو کەسەی تۆی ناردووە بە رەهبەر لە جیهانا لە دوای تۆ کەسم لەم ژنە خۆشتر ناوێ ! جا حەزرەت فەرمووی بە حەبیبە : تۆ چی ئەڵێیت ؟ ئەویش عەرزی‌کرد : یـا رەسوڵڵا ثابیت راست ئەڵێ منی زۆر خۆش‌ئەوێ بەلاّم من دلّـم زۆر دوورە لەوەوە ! جا ثابیت‌وتی : باخچەیەکـەم پێـداوە لـە مارەییدا بیداتەوە پێم بەرەڵلای ئەکەم · حەزرەت فەرمووی بە حەبیبە : باخچەکەی پێ‌ئەدەیتەوە هەتا بەرەلاّت بکا ؟ عــەرزی کرد : بەڵێ · جا حەزرەت فەرمووی بە ثابیت : باخچەکـــەی لێ‌وەربگرەوەو بەرەلاّی بکە · ئەویش ئیطاعەی کرد ·

لە (بوخاری)دا ئەفەرموێت : حەبیبە عەرزی حەزرەتـی کرد : یا رەسوولەڵلا وەڵلاهی من هیچ عیتابـــی لێ‌ناگرم لـــە ئەخلاق‌و لە دینا ، بەلاّم حەزناکەم لەپاش ئیسلام خۆم کافـــر بکەم ! جـــا حەزرەت فەرمووی : ئـــەو باخچەی پێـــی‌داوی ئەیدەیتەوە ؟ عەرزی کرد بەڵێ · جا حەزرەت فەرمووی : ثابیت باخچەکەی لێ‌وەربگرەوەو تەلاّقی بدە بە تاقە تەلاّقێ · ئەویش وای‌کرد ·

جا بینا لەسەر ئەم بەیانە دەرئەکەوێ کە جوملەی (الطلاق مرتان فامساك بمعروف أو تسريح باحسان) بەسراوە بە ئایەتی (وبعولتهن أحق بردهن في ذلك ـ ان أرادوا صـلاحا ـ)وە٠ واتە : ئەو تەڵاقەی کە بۆ کابرا هەیە ژنەکەی بهێنێتەوە بۆ لای خۆی لە پێش تەواوبوونی ماوەی عیددەدا دوو جـارەو بەس ٠ واتە : هەتا دوو جار کابرا ئەتوانێ ژنەکەی یەك تەڵاقە بداو لە ماوەی عیددەدا بیهێنێتەوە بۆ لای خۆی ٠ پاش ئەمە کابرا هەر حەقی ئەوەی هەیە رای‌بگرێ بە راگرتنی پیاوانە بە یاســـای شەرع‌و ئازاری نەدا ، وە یا خود وازی لێ بێنێ وەکو مەرەخەسی کردووە ٠ بە پیاوانە حوقووقی چی هەیە پێی‌بداو بڕوات ٠

وە لەسەر ئەم شێوە ئەم ئایەتی (الطلاق مرتان)ە ئەبـــێ بە بەیان بۆ ئایەتی پێشوو ؛ چونکی لە ئایەتی پێشوودا خودای تەعالا فەرمووی : مێردی ژنەکان لەپاش تەڵاقدانیان ـ بە تەڵاقی ریجعی ـ حەقی موئەکەدیان هەیە بۆ هێنانەوەیان ئەگـــــەر خواستیان ئیصلاح بێ ٠ بەڵام نەیفەرموو ئەو حەقە هەتاهەتایە یا خود تا کاتێکی دیارییە وە ئەمە پێویستە بە رووناك‌کردنەوە٠

﴿ الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فَامِساكٌ بِمَعروفٍ أوْ تَسْرِيحٌ بِاِحْسانٍ ﴾ :

جا خودای تەعالا لەم ئایەتەدا فەرمووی : ئەو تەڵاقەی کـە حەقی هێنانەوەی ژنی تێدا هەیە ئەوە تا دوو جارە ٠ ئیتـــر لەپاش ئەو دوو جارتەڵاقدان‌و هێنانەوە حەقی کابرا نیە هـــەم جاری سێهەم تەڵاقـــی بداو لـــە پاشا لـــە مووددەی عیددەدا بیهێنێتەوە ٠ بەڵکو ژنەکە بەرەڵایەو ناگەڕێتەوە بۆ لای ئـــەو کابرا ، وەکو لە ئایەتی (فان طلقها بعد) دا بەیان کراوە ٠

وە دەلیل لەسەر ئەم تەفسیرە چەن شتێکە :

یەکەم : ئایەتی : (وبعولتهن أحق بردهن) ئەگەر عام بێ بۆ هەموو حاڵێ ئەوە پێویستە بە تەخصیصو جیاکردنەوەی بازە حاڵێ ، وەکو حاڵی ئەوە کە کابرا بە شێوەی خولعو موعاوەضە ژنەکەی تەڵاق بدا ، ئەوە بە ئیجماع کابرا ئیتر حەقی هێنانەوەی ژنەکەی نیە . بەڵکو پێویستە بە عەقدی تازە ئەگەر مەجـــال بمێنێ • کەوابوو ئەبێ (الطلاق مرتان) موخەصەص بێ • وە ئەگەر عام نەبێ ئەوە بە شێوەی (مجمل) ئەبێ ؛ چونکی بەیانی شەرتی گەڕانەوەی ژنەکەی تێدا نیە ، کەوابێ موحتاجە بـــە بەیانو ئەم ئایەتی (الطلاق مرتان) ، ئەبێ بــە بەیان بــۆ ئەو شەرتە • وەکو باسمان کرد •

دووەم : ئەگەر ئایەتی (الطلاق مرتان) کەلامی سەربەخۆ بێ ئەوە مەعنای (الطلاق مرتان) ئەبێ بەهۆی حەصری هەرچی تەڵاقە لە دوو جارا ئەمەیش بە ئیجماع بەتاڵە ؛ چونکی تەڵاق تا سێ جارەو بە دوو جار تەواو نابێ •

ئەگەر بڵێیت : خودای تەعالا باسی تەڵاقی سێهەمی کردووە لە فەرموودەی خۆیا (او تسریح باحسان) وە لەسەر ئەوە مەعنای ئایەتەکە ئەبێ بەمە کە هەرچی تەڵاق هەیە دوو جارەو جارێکی تریشە کە تەسریحو بەرەڵاکردنی ئاخر جارە •• ئەڵێم : لەفزی (او تسریح باحسان) بەسراوە بە فـــەرموودەی (فامســـاك بمعروف)ە وەو دەلالەت ناکا لەســـەر تەڵاقدانێکی ســـێهەمو مەبەس هەر تەسریحێکە لە جاری دووهەمدا بوو وەکو زوو وتمان مەعنای وایە پاش تەڵاقی دووهەم یا کابرا ژنەکە بێنێتـــەوەو رای‌بگرێ بە چاکەو ئینسانییەت وە یا وازی لێ‌بێنێ وەکـــو

بەرەڵای کردووە یا بەرەڵا بێ ، ئەوسا شوو بە کێ ئەکا بیکا ..
وە ئیللا ئەگەر مەعنای (او تسریح باحسان) تەڵاقە سێهەمەکە بێ ئەوە بە هۆی ئایەتی (فان طلقها بعد)ەوە لازم ئەکا تەڵاقی ژن چوار بێ ، ئەوەیش بەتاڵە بە ئیجماع .

دەلیلی سێهەم ئەمەیە ئەم ئایەتی (الطلاق مرتان)ە هاتە خوار لە شانی ئەو شەخسە ئەنصارییەدا کە ئەیوت بە ژنەکەی : هەتا ماوی هەر تەڵاقت ئەدەمو پاش ماوەیێ کەم ئەتهێنمەوەو پاش ماوەیێ تەڵاقت ئەدەمەوە ، هەروا نایەڵم نە وەکو ژنی عادەتی رابوێری لەگەڵ منا وە نە شوو بکەی بە کەسێکی تر .

وە خودا ئەم ئایەتەی نازڵکرد بۆ تەحدیدی حەقی گەڕانەوەی ژنەکە، کەوابێ ئەم ئایەتە بەسراوە بەپێشەوە ، وە بەئیجماع نابێ سەبەبی نوزوول خاریج بکرێ لە عومومی عام کەوابێ ئەم ئایەتە بۆ باسی ماوەی گەڕانەوەی ژنی تەڵاقدراوە بە تەڵاقی ریجعی ، وە بەسراوە بە ئایەتە پێشووەکەوە . وە ژنی ئەنصارییەکەیش بە یەقین داخڵە لەمحوکمەدا . وە بازەکەی باوەڕیان وابووە کە ئایەتی (الطلاق مرتان) ئایەتێکی سەربەخۆیەو نەبەسراوە بە ئایەتە پێشووەکەوە ، وە هاتووەتە خوارەوە بۆ بەیانی تەڵاقی شەرعی ، وە ئەبێت تەڵاقدان جار لە پاشجار بێو گردکردنەوەی سێتەڵاقە بە جوملەیەك وەکو ئەوە کابرا بڵێت بەژنەکەی : (هەرسێ تەڵاقەت کەوتبێ) حەرامەو بەو جوملە تاقە تەڵاقێکی ئەکەوێو ئەمە بیرو باوەڕی ئەوانەیەو چوار دەلیلیان لەسەر ئەمە هێناوەتەوە :

یەکەم : ئەو حەدیثەیە کە ئیبنو ئیسحاق ریوایەتی کردووە

له داوودی کوڕی حصەین له عەکرەمەوه له ئیبن‌و عەباسەوه (خ) که (رکانه)ی کرڕی عەبد یەزید ژنەکەی تەڵاق دا له یەك مەجلیسدا به سێ‌تەڵاقه له پاشان پەشیمان بووەوەو زۆر دڵی زویر بوو ، جا هات بۆ حوزووری حەزرەت (د) بۆ پرسی حوکمی تەڵاقەکەی . حەزرەت فەرمووی : چۆنت تەڵاقداوه ؟ وتی : سێ‌تەڵاق له یەك مەجلیسدا • ئەویش فەرمووی : (انما هي واحدة) واته : ئەو تەڵاقانه به یەك تەڵاق ئەژمێررێن • بڕۆ ژنەکەت بێنەرەوه ئەگەر مەیلت هەیه • ئەویش ژنەکەی هێنایەوه بۆ لای خۆی •

وه موحەددیثین‌رەددی ئەم دەلیلەیان کردووەتەوه به سێ جۆر :

١ ــ هیچ دەلیلێ نیه له عیبارەتی رەکانەدا که لەفزەکەی یەك جومله بووه وەکو (انت طالق ثلاثا) ، وه بۆ ئەو رووداوه لە یەك مەجلیسدا مومکینه بەوه بووبێ سێ جار وتوویەتی : (انت طالق) وه لەو تەکراره ئەگەر مەبەس تەئکید بێ ، یا هیچ مەبەسێکی نەبووبێ . حوکم به یەك تەڵاق ئەکرێ •

٢ ــ رەدی دووهەم بەمەیه که راوی ئەم واقیعه که داوودی کوڕی حصەینه جێگەی باوەڕ نیه له ریوایەتکردنی له عەکرەمەوه ، وه راوی که جێگەی باوەڕ نەبوو ئیستیدلال به ریوایەتی ناکرێ •

٣ ــ رەدی سێهەم بەمەیه که موحەددیثی مەشهوور ئەبو داوود تەرجیحی ئەوەی داوه که (رکانه) ژنەکەی به عیبارەتی (انت طالق ثلاثا) تەڵاق نەداوه ، بەڵکو به عیبارەتی (انت

طالق البتة) كە ئەو جۆرە یاسا بووە لەو زەمانەدا وە پێیان وتووە تەلاقی (بەتتی) واتە : تەلاقی قەطعی وە زورمەی لە مەعنای سێ تەلاقەدا بەکار هێنراوە ، (مع العلم) کە ئەو لەفزە هەڵئەگرێ یەك تەلاقە یا دوو تەلاقەی لێ مەبەس بێ • وە ئەم بەیانەی ئەبو داوودە زۆر بەهێزە ؛ چونکی قابیلە ئەو شەخسە لە بەر یاسای رۆژ (البتە)ی گۆڕیبێ بە (ثلاثة) • وە دەلیلە لەسەر ئەم ریوایەتەکە حەزرەت (د) پرسیاری کردووە لە (رکانە) چی مەبەسێکت بوو لە (البتة) ؟ ئەویش وتی : مەبەسم بەس تەلاق بووە نەك سێ تەلاقە • وە حەزرەت فەرموویەتی : ئەتوانی سوێند بخۆی لەسەر ئەم مەبەسەت ؟ وە سوێندی بۆ خوارد ، جا حەزرەت (د) حوکمی کرد بە کەوتنی یەك تەلاقو فەرمووی : ژنەکەت بگەڕێنەوە بۆ لای خۆت ئەگەر ئەتەوێ ، وە ئەویش هێنایەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆی •• چونکی ئەگەر عیبارەتی (ثلاثة) بوایە ئەوە جێگەی ئیحتیمالات نەدەبوو ، وە ئەگەر بە لەفزی (البتة) یش بە هەموو نەوعێ سێ تەلاقە بکەوتایە ئەوە ئیتر سوود نەدەبوو لە سوێند خواردنی رەکانەدا •

دەلیلی دووەم لە دەلیلی ئەوانە کە ئەلێن سێ تەلاقە بە یەك تەلاق دائەنرێ ئەمەیە کە : لە بازێ ریوایەتا هەیە (ابن عمر) ـ خ ـ ژنەکەی بە سێ تەلاقە تەلاق دا لە کاتی حەیزاو حەزرەتی عومەر ئەم رووداوەی گێڕایەوە بۆ حەزرەت ئەویش فەرمووی : ئەمر بکە بە عەبدوڵلا ژنەکەی بێنێتەوە بۆ لای خۆی تا لە حەیزەکە پاك ئەبێتەوە • جا ئەکەوێتە پاکییەوە جا ئەکەوێتەوە حەیز جا پاك ئەبێتەوە ئەوسا یا رای بگرێ لەلای خۆی وە یا

تەلاقێکی بدا ·· ئەڵێن : ئەگەر سێ تەلاقە بە تەلاقێك حسێب نەکرایە چۆن حەزرەت ئەمری ئەفەرموو کە ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی ؟!

وە ئەم دەلیلە بەتاڵە بەوە کە وەکو (قرطبی) لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی ئەوەی لەلای ئەهلی حەدیثدا مەحفووظ بێ ئەوەیە کە ئیبنو عومەر یەك تەلاقی ژنەکەی دا ، وە ئەو تەلاقدانەی لە کاتی حەیزدا بوو ·

وە صاڵحی کوڕی کیسانو ، مووسای کوڕی عەقەبەو ، ئیسماعیلی کوڕی ئومەییەو ، لەیسی کوڕی سەعدو ، ئیبنو ئەبی زیئبو ، ئیبنو جوزەیجو ، جابیرو ، ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەقەبە ·· هەموو ئەم موحەددیثانە ریوایەتیان کردووە لە نافیعەوە کە : ئیبنو عومەر بە یەك تەلاقە ژنەکەی تەلاق دا لە حەیزا ·

وە عەبدوڵلا ئەڵێ : ئیبنو عومەر ژنەکەی لە حەیزا تەلاقدا بە یەك تەلاقە ، وە لەبەر ئەوە کە تەلاقدانی ژن لەحەیزدا باش نیە حەزرەت ئەمری فەرموو ژنەکەی بێنێتەوە بۆ لای خۆی تا ئەو ماوە کە باسکراوە ، جا ئەگەر ویستی دوایی تەلاقی بدا ·

هەروا زوهری بە ریوایەت لە سالم لە باوکییەوەو یوونسی کوڕی جوبەیرو شەعبیو حەسەنی بەصری ·· کەوابێ ئیستیدلال بەو ریوایەتە بەتاڵە ·

دەلیلی سێهەم بۆ ئەوانە کە سێ تەلاقە بە تەلاقێ دائەنێن ئەوەیە : کە ئەبوداوود لە (سنن) دا ریوایەتی کردووە بە

چەن ئیسنادێك لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێ : عەبدویەزیـــد[1] باوکی ڕەکانەو براکانی ـ دایکی ڕەکانەی تەڵاق داو ژنێکـی لە هۆزی (مزینە) مارەکرد بۆ خۆی · جا ئەو ژنە هاتە خزمـــەت حەزرەت (د) عەرزی کرد : ئەبوو ڕەکانە سوودی نیە بۆ من بە قـــەی موویــێ (واتە پیاوەتی نیە) جیامان بکەرەوە لە یەك ، لەوێدا حەزرەت نەوعە حاڵەتێکی غیرەتی بەسەرا هاتو ئـەمری کرد : کوڕەکانی عەبدویەزید ـ کە ڕەکانەو براکانیە ـ بانگك بکەن بۆم ! جا بانگیان کردنو حەزرەت فەرمووی بە دانیشتوانی خزمەتی : تەماشا ئەکەن کە فلانەکوڕ لەم کوڕانە شێوەی لەسەر شێوەی باوکیەتی ؟ عەرزیان کرد : بەڵێ ، وە فلان کوڕ لە باوکی ئەچێ ؟ عەرزیان کرد : بەڵێ · یانی بۆ ئیسباتی ئـــەوە کـە عەبدویەزید پیاوەتی هەیەو ئەم کوڕانە کوڕی ئەونو لـــەو ئەچن ، وە ئەم ژنە بۆچی ئەڵێ عەبدویەزید پیاوەتی نیە !

جا فەرمووی بە عەبدویەزید : ئەم ژنە تەڵاق بدە ، ئەویش تەڵاقی دا ، جا فەرمووی : دەی ژنە پێشووەکەت ـ ام ڕەکانە ـ بێنەرەوە بۆ لای خۆت · ئەویش وتی : (طلقتها ثلاثا يا رسول الله !) ، قال : (قد علمت راجعها) · عەزری کرد بە سێ تەڵاقە تەڵاقم داوە ! فەرمووی : ئەزانم بەڵام بیهێنەرەوە · وە ئـەم ئایەتەی خوێندەوە : (يا ايها النبي اذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن واحصوا العدة ·· الآية) ·

---

(١) ئەم قەضییە غەیری قەضییەکـەی ڕەکانەیـــە ، وە دەرئەکەوێ کە حەزرەت ناوی گۆڕیوە بە عەبدوڵڵا ·

وە دەلیل هێنانەوە بەم ریوایەتە سوودی نیە ؛ چونکی یەکێ لە راویەکانی ئەو حەدیثە ناوی (ابن جریج) ەو لە ریوایەتی حەدیثەکەدا فەرموویەتی : (اخبرني بعض بني ابي رافع) ، وە مەعلووم نیە ئەو بازە لە ئەولادی ئەبو رافیع کێیەو ناوی چیە ٠ وە ریوایەت لە شەخسی مەجهوولەوە بێ‌ئیعتیبارە ٠ وە گومان نیە لەوەدا کە ئەو حەدیثە ئەبو داوود ریوایەتی کـــردو لـە پێشەوە باسمان کرد کە تەڵاقەکەی عەبدویەزید بە لەفــزی (ثلاثة) نەبووەو بە لەفزی (البتة) بووە ئەوە حەدیثێکـــی مەقبوولە ، وە لەو حەدیثەدا بەیانمان کرد کە حەزرەت (د) ئەبوو رەکانەی سوێند دا کە مەبەستی یەك تەڵاق بووە ٠

دەلیلی چوارەمی ئەو کەسانە کەسێ‌تەڵاقە بە یەکێ دائەنێن ئەو حەدیثەیە کە موسلیم لە صەحیحەکەیا ئەڵێ : (حدثنـــا اسحاق بن ابراهیم ومحمد بن رافع ــ واللفظ لابن رافع ــ قال اسحاق اخبرنا وقال ابن رافع : حدثنا عبدالرزاق ، اخبرنا معمر عن ابن طاوس عن ابيه عن ابن عباس قال : كان الطلاق على عهد رســول الله ــ ص ــ وابي بكر وســنتين من خلافة عمر طــلاق الثلاث واحدة فقال عمر بن الخطاب : ان الناس قد استعجلوا في امر كانت لهم فيه اناة ، فلو امضيناه عليهم ! فامضاه عليهم ٠

حدثنا اسحاق بن ابراهيم بن ابراهيم ، اخبرنا روح بـــن عبادة اخبرنا ابن جريج ، وحدثنا ابن رافع ــ واللفظ لـــه ــ حدثنا عبدالرزاق ، اخبرنا ابن جريج ، اخبرني ابن طاوس عن ابيه : ان ابا الصهباء قال لابن عباس : اتعلم انما كانت الثــلاث تجعل واحدة على عهد النبي ــ ص ــ وابي بكر ، وثلاثـــا من

امارة عمر ؟ فقال ابن عباس : نعم ·

وحدثنا اسحاق بن ابراهيم اخبرنا سليمان بن حرب عن حماد بن زيد عن أيوب السختياني عن ابراهيم بن ميسرة عن طاوس : ان ابا الصهباء قال لابن عباس : هات من هناتك الم يكن الطلاق الثلاث على عهد رسول الله ـ ص ـ وابي بكر واحدة ؟ فقال : قد كان ذلك ، فلما كان في عهد عمر تتابع الناس في الطلاق ، فاجازه عليهم · هذا لفظ مسلم في صحيحه ·

وهذه الطريق الاخيرة اخرجها ابو داود ولكن لم يسم ابراهيم بن ميسرة ، وقال بدله : عن غير واحد · ولفظ المتن : اما علمت ان الرجل كان اذا طلق امرأته ثلاثا قبل ان يدخل بها جعلوها واحدة على عهد رسول الله ـ ص ـ وابي بكر وصدرا من امارة عمر ؟ قال ابن عباس : بلى ، كان الرجل اذا طلق امرأته ثلاثا قبل ان يدخل بها جعلوها واحدة على عهد رسول الله ـ ص ـ وابي بكر وصدرا من امارة عمر ، فلما رأى الناس (يعني عمر) قد تتابعوا فيها قال : اجيزونا عليهم ·

وه بۆ جوابدانەوەی ئەم حەدیثی ئیبنو عەبباسە (خ) جومهووری عالمەکان گەلێ جوابیان هەیە :

یەکەم : ئەم لەفزی (ثلاث)ە کە ئیعتیبارکراوە بە یەك تەڵاق لەهیچ ریوایەتێکا نیە کە بە یەك لەفز بووبێ ، وەکو (انت طالق ثلاثا) وە لەفزی (طلاق الثلاث) نە بە یاسای زمانی عەرەب ، نە بە عەقڵ ، نە بە شەرع لازم نیە کە بە یەکجار وە بە یەك لەفز واقیع بووبێ · کە وابو ئەگەر کەسێ بڵێ بە ژنەکەی : (انت طالق ، انت طالق ، انت طالق) سێجار لە یەك شوێنا پێی

ئەوترێ تەلاقی سێ بەسێ ؛ چونکی سێ جار ناوی تەلاقی بردووە ۰

وە ئەگەر کەسێ داوای ئەوە بکا کە هەر بە یەك لەفز بووە پێی بڵێ : ئەمەت لەکوێ وەرگرتووە ؟ ئایا لە لەفزێ لە ئەلفازی حەدیثەکەتدا هەیە کە بە یەك لەفز بووە ؟ وە ئایا مانیعێ هەیە لەوە کە (تەلاقی ثەلاث) بەکار بێت بۆ وێنـــەی عیبارەتـــە پێشووەکە کە سێ جار تەکراری تەلاقی تیا کراوەتەوە ؟

ئەگەر وتی : لەفزی (طلاق الثلاث) بەکار ناهێنرێ ئیللا بۆ ئەوەی کە بە یەك لەفز بێ ، ئەوە گومان نیە لەوەدا کە ئـــەم قسەیە راست نیە ، وە ئەگەر ئیقررای کرد بە حەق وە وتـــی : دروستە ئیستیعمالی (طلاق الثلاث) بکرێ بۆ ئەوەی کەبە یەك کەلیمە بێ وە بۆ ئەوەی کە بە سێ جوملە بێ کە موناسب تریشــە بۆ لەفزی(طلاق الثلاث)ئەمجارە پێی بڵێ:کەوابو جەزمی تۆ بەوا کە بە یەك کەلیمە بووە هیچ رێگەی نیە.وە کاتێ دیاری نەبوو لە حەدیثەکەوە ئەو (طلاق الثلاث) ە بە یەك لەفز بووە ئیستیدلال بەو لەفزە ئەساسەن ئیعتیباری نەما ؛ چونکی (اذا ظهر الاحتمال سقط الاستدلال) ۰

وە لەو شتانەیە کە تەئییدی ئەمە ئەکا ئەو (طلاق الثلاث) ە لە حەدیثەکەدا لازم ناکا بەیەك کەلیمەی تەنیا بێ ۰۰ ئەمە کە ئیمام ئەبوو عەبدورڕەحمانی نسائی لەگەڵ جەلالەتی قەدریـــاو زۆری زانستو فامیا لەو حەدیثی ئیبنو عەبباسە هـــەر ئـــەوەی فامکردووە کە موراد بە (طلاق الثلاث) تەکراری (انت طالق ، انت طالق ، انت طالق) بێ تا سێ جار بە تەفریقی تەلاقەکان ؛

چونكى لەفزى (ثلاث) زۆر زاهیرە لە ئیستیعمالى لەفزى تەڵاقدا سێ جار • بۆیە لە كتێبەكەى خۆیا ــ یانى (سنن النسائي) ــ عینواني داناوە بۆ ریوایەتى ئەبــو داود لـــەم حەدیثـــەدا وە فەرموویەتى : (باب طلاق الثلاث المتفرقة قبل الدخول بالزوجة) • وە لە پاشا ئەفەرموێت : (اخبرنا ابو داود ــ سليمان بن سيف ــ قال : حدثنا ابو عاصم عن ابن جريج ، عن ابن طاوس ، عن ابيه : ان ابا الصهباء جاء الى ابن عباس ــ رضى الله عنهما ــ فقـال : يا ابن عباس ! الم تعلم ان الثلاث كانت على عهد رسول الله ــ ص ــ وابي بكر وصدرا من خلافة عمر ترد الى الواحدة ؟ قال : نعم) •

تۆ كە تەماشاى عینوانى ئیمامى نەسائى ــ خ ــ بكەى بۆ ئەم مەوزووعە بۆت مەعلووم ئەبێ بە یەقین كەفەرموویەتــى بــە صەراحەت : (طلاق الثلاث) لەم حەدیثە شەریفەدا بە لەفزێكى واحید نەبووە ، بەڵكو ئەلفازى موتەفەڕیقە بووە • وە دەلاڵەت ئەكا لەسەر راستى فامى ئیمامى نەسائى (خ) لە حەدیثەكـــەدا ئەوەى كە عەللامە (ابن القيم) (خ) فەرموویەتى لە (زاد المعاد)ا لە رەددى ئیستیدلالى ئەو كەسە كە داواى كەوتنى (ثەلاثــە)ى كردووە بە یەك جارو دەلیلى هێناوەتەوە بە حەدیثى عائیشە (خ) كە پیاوێ ژنەكەى بە (ثلاثە) تەڵاق دا وە لە پاشان شووى كرد • تەماشا بكە ئیبنولقەییم ئەفەرموێت : ولكن اين في الحديث انــه طلق الثلاث بفم واحد ؟

ئەمە دەلیلێكى رووناكە بۆ راستى فامو حاڵیبوونى ئیمامــى نەسائى (خ) لە حەدیثەكە ؛ چونكى لەفزى (الثلاث) لە هەموو ریوایەتەكانا زۆر زاهیرە لەوەدا كە سێ تەڵاق ، یەك لــە دواى

یەك ، بوون ، وەکو ئیبنولقەییم (خ) لە حەدیثی عائیشەدا ئیستە روونی کردەوە ·

وە لەوانەیە کە فەرموویەتی : مەبەس لە (ثلاث) لە حەدیثی طاوسا سێ تەلاقی جیاجیایە بە سێ لەفز وەکو : (انت طالق ، انت طالق ، انت طالق) وە وەختی خۆی لەبەر دڵسافی خۆیان لێیان قەبووڵ کراوە کە مەبەسیان تەئکید بووە · جا کە خەڵـــك زۆر بوون لە زەمانی حەزرەتی عومەردا وە حیلە لە ناویانا زۆر بوو بە نەوعێ کە داوای تەئکیدیان لێقەبووڵ نەکرێ عومەر (خ) سێ لەفزەکانی ئەخستە سەر زاهیری تەکرارو بە جارێ حوکمــی ئەدا بە کەوتنی سێ تەلاقەی کابرا · ئەم قسەیە (ابن الحجر) ـ خ ـ لە (فتح الباری) دا فەرموویەتی وە فەرموویەتی : ئــەم جوابە قورطبی پێی رازی بووەو هێزیشی پێداوە بە فەرموودەی عومەر (خ) کە فەرمووی : (ان الناس استعجلوا في امر كانت لهم فيه اناة) ·

وە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتـــی : (واما حديث ابن عباس فاختلف الناس في جوابه ؛ فالاصـــح ان معناه انه كان في اول الامر اذا قال لها : انت طالق ، انت طالق ، انت طالق · ولم ينو تأكيدا ولا استئنافا يحكم بوقوع طلقة لقلـة ارادتهم الاستيناف بذلك · فحمل على الغالب الذي هـــو ارادة التأكيد ، فلما كان في زمن عمر ـ رضي الله عنه ـ كثر استعمـال الناس لهذه الصيغة وغلب منهم ارادة الاستيناف بها حملت عند الاطلاق على الثلاث عملا بالغالب السابق الى الفهم في ذلك العصر ·

جا (مقيد) ئەڵێ : ئەم وەجهە کە شێخی نەوەوی فەرموویەتی

ئیشکالی تێدانیە (لان الاعمال بالنیات . ولکل امرئ مانوی) ، وە زاهیری لەفزیش دەلاڵەت ئەکا لەسەر ئەمە ، وەکو باسمان کرد .

بەهەرحاڵ جەزمنان بەوەدا کە مەعنای حەدیثی طاوس ئەمەیە : ئەو سێتەڵاقە بەیەك لەفزبووە .. داوایەکی بێ دەلیلە .

جا با لە خودا بترسێ ئەوکەسە کە جەسارەت ئەکا لەسەر نیسبەت دانی ئەوە بۆ لای حەزرەت (د) لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ ریوایەتێ لە ریوایاتی حەدیثی طاوسدا نیە کە (ثلاث) ، ناوبراو بە یەك لەفز بووە ، وە ئەو مەعنا دەرناکەوێ نە بە لوغەت وە نە بەشەرع وە نە بە عەقڵ ، وەکو تەماشا ئەکەی .

وە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە (ثلاث) ناوبراو بەیەك لەفز نەبووە ، ئەوەی کە رابورد لە حەدیثی ئیبنو ئیسحاق بە نەقڵ لە داوودی کوڕی حصەین لە عەکرەمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) ، وەکوو سابت بووە ئەو ریوایەتە لەلای ئیمامی ئەحمەدو ئەبوو یەعلاوە بە لەفزی (طلق امرأته ثلاثا في مجلس واحد) ، وە فەرموودەی حەزرەت (د) : (کیف طلقتها ؟ قال : ثلاثا في مجلس واحد) . لەبەر ئەوە تەعبیریان بە لەفزی (مجلس) لێ فام ئەکرێ کە بە یەك لەفز نەبووە ، ئەگەرنا ئەیوت : (بلفظ واحد) وە پێویست بە زیکری مەجلیس نەدەبوو ؛ چونکی داعی نیە بۆ زیکری وەسفی (عام) و تەرکی (خاص) بەبێ باعیثو موجیب وەکو دیارە . یانی (في مجلس واحد) مومکینە بە یەكلەفز بووبێ ، وە یاخود بە سێ لەفز

بووبێ . بەڵام (بلفظ واحد) خاصەو ئیحتیمالی شتی تری نیە •

جوابی دووەم لە حەدیثی ئیبنو عەبباس (خ) بەمەیە : یانی ئەو تەڵاقە کە لە زەمانی عومەردا (خ) بە لەفزی (ثلاثة) ئەیدەن لە پێش زەمانی ئەودا ـ یانی زەمانی حەزرەتو زەمانی ئەبووبەکری صەدیق (خ) و تا دوو ساڵیش لە زەمانی عومەر رابورد ـ بە یەك تەڵاقە ئەیان دا ، لەبەر ئەوە بە قەطعی سێ‌تەڵاقەیان بە دەما نەدەهات • مەگەر بەشاز . وە ئەمما پاش دوو ساڵ لە زەمانی عومەر ئیتر زۆر جار سێ‌تەڵاقەیان بەکارئەهێناو مەعنای (فامضاه علیهم) لەسەر ئەم جوابە ئەوەیە : فەرمانی ئەدا بە کەوتنی تەڵاقەکان بەو نەوعە کە لە پێشانا فەرمانی ئەدا [١] •

وە (ابن العربي) تەرجیحی ئەم جوابەی داوەو نیسبەتیشی داوە بۆ لای ئەبو زەرعەی رازی • هەروا واریدی کردوە بەیهەقی بە ئیسنادی صەحیح بۆ لای ئەبو زەرعە کە فەرموویەتی: مەعنای ئەم حەدیثە بەلای‌منەوە : ئەو سێ‌تەڵاقە کە ئیستە ئێوە ئیستیعمالی ئەکەن لەمەوپێش بەو شێوە ئیستیعمالیان نەدەکرد ، بەڵکو هەر بە یەك‌تەڵاقە تەڵاقی ژنەکانیان ئەدا •

ئیمامی نەوەوی (خ) فەرموویەتی : کەوابێ حەدیثی

---

(١) یانی : ئیستە حوکم ئەکا بەسەریانا بە خستنی سێ‌تەڵاقە ؛ چونکی سێ تەڵاقیان داوە • وە لە پێشا حوکمی بەیەك تەڵاق ئەدا ؛ چونکی یەك تەڵاقیان ئەوت •

ئیبن‌و عه‌بباس (خ) باسی گۆڕانی یاسای خه‌ڵکی کردووه بـــه تایبه‌تی • نه‌ك باسی گۆڕانی حوکمی شه‌رع له‌یه‌ك مه‌سئه‌له‌دا• واته ئه‌وسا یاسایان به‌کارهێنانی یه‌ك ته‌ڵاقه بووه‌و ئیســـته یاسایان به‌کارهێنانی سێ ته‌ڵاقه‌یه •

وه ئه‌م جوابه دووهه‌مه (قورطبی)له ته‌فسیری (الطـــلاق مرتان)دا نه‌قڵی کردووه له قازی (أبو الولید باجي)و له قازی (عبدالوهاب)وه له (الکیای)[1] طه‌به‌رییه‌وه •

جوابی سێهه‌م له حه‌دیثی ئیبن‌و عه‌بباس (خ) ئه‌مه‌یه : ئه‌و حوکمه که ئیبن‌و عه‌بباس گێڕاویه‌تیه‌وه مه‌نسوخـــه‌و بازێ له ئه‌صحابه‌کان ئاگادار نه‌بووه له‌سه‌ر نه‌سخه‌که ئیللا له زه‌مانی عومه‌ردا (خ) •

بۆ رووناککردنه‌وه‌ی ئه‌مه ئیمامی به‌یهقی له (الســـنن الکبری) دا له بابی (من جعل الثلاث واحدة)دا نه‌قڵی کردووه له ئیمامی شافیعییه‌وه (خ) عیباره‌تێ که ئه‌مه نه‌صه‌که‌یه‌تـــی : (فان کان معنی قول ابن عباس ان الثلاث کانت تحسب علی عهد رسول الله صلی الله علیه وسلم واحدة یعني انه بأمر النبي صلی الله علیه وسلم • فالذي یشبه ـ والله أعلم ! ـ أن یکون ابـــن عباس علم ان کان شیئا فنسخ •

فان قیل : فما دل علی ما وصفت قیل لایشبه ان یکون ابـــن عباس یروی عن رسول الله صلی الله علیه وسلم شیئا ثم یخالفـــه

---

(١) به کسره‌ی همزه وه سکونی لام وه کسره‌ی کاف بـــه معنای گه‌وره ••

بشيء لم يعلمه كان من النبي صلى الله عليه وسلم فيه خلاف ·

قال الشيخ : ورواية عكرمة عن ابن عباس قد مضت في النسخ وفيها تأكيد لصحة هذا التأويل ·

قال الشافعي : فان قيل : فلعل هذا شيء روى عن عمر فقال فيه ابن عباس بقول عمر ـ رض ـ ·· قيل : قد علمنا ان ابن عباس ـ رض ـ يخالف عمر ـ رض ـ في نكاح المتعة ، وفي بيع الدينار بالدينارين ، وفي بيع امهات الاولاد وغيره · فكيف يوافقه في شيء يروى عن النبي صلى الله عليه وسلم فيه خلاف ماقال؟! انتهى محل الحاجة من البيهقي بلفظه) ·

وقال الحافظ ابن حجر في فتح الباري ما نصه : الجواب الثالث دعوى النسخ ، فنقل البيهقي عن الشافعي انه قال : يشبه أن يكون ابن عباس علم شيئا نسخ ذلك · قال البيهقي : ويقويه ما اخرجه من طريق يزيد النحوي عن عكرمة عن ابن عباس ، قال: كان الرجل اذا طلق امرأته فهو أحق برجعتها ـ وان طلقها ثلاثا ـ فنسخ ذلك ·

والترجمة التي ذكر تحتها ابو داود الحديث المذكور هي قوله : (باب نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث) وقال ابن كثير في تفسير قوله ـ تعالى ـ : (الطلاق مرتان) الاية بعد ان ساق حديث ابي داود المذكور آنفا ما نصه · ورواه النسائي عن زكريا بن يحيا عن اسحاق بن ابراهيم عن علي بن الحسن به ·

وقال ابن ابي حاتم : حدثنا هارون ابن اسحاق حدثنا عبدة (يعني ابن سليمان) عن هشام بن عروة عن ابيه ان رجلا قال

لامرأته : لا أطلقك أبدا ، ولا آويك ابدا ! قالت : وكيف ذلك ؟ قال : (أطلق حتى اذا دنا أجلك راجعتك ! فأتت رسول الله صلى الله عليه وسلم وذكرت له ذلك ، فانزل الله عزوجل - (الطلاق مرتان) . قال : فاستقبل الناس الطلاق من كان طلق ومن لم يكن طلق [1] .

وقد رواه ابو بكر بن مردويه من طريق محمد بن سليمان عن يعلى بن شبيب مولى الزبير . عن هشام عن ابيه مرسلا وقال : اصح . ورواه الحاكم في مستدركه من طريق يعقوب بن حميد بن كليب عن يعلى بن شبيب به ، وقال : صحيح الاسناد ، ثم قال ابن مردويه حدثنا محمد بن احمد بن ابراهيم ، حدثنا اسماعيل بن عبدالله ، حدثنا محمد بن حميد ، حدثنا سلمة بن الفضل عن محمد بن اسحاق عن هشام ابن عروة عن ابيه عن عائشة قالت : لم يكن للطلاق وقت ؛ يطلق الرجل امرأته ثم يراجعها ما لم تنقض العدة . وكان بين رجل من الانصار وبين اهله بعض ما يكون بين الناس ، فقال : والله لاتركنك لا أيما ولا ذات زوج ؛ فجعل يطلقها حتى اذا كادت العدة ان تنقضي راجعها ، ففعل ذلك مرارا ... فأنزل الله عزوجل : (الطلاق مرتان فامساك بمعروف أو تسريح باحسان) فوقت الطلاق ثلاثا لا رجعة فيه بعد الثالثة حتى تنكح زوجا غيره . وهكذا روى عن قتادة مرسلا . ذكره السدى ، وابن زيد ، وابن جرير كذلك . واختار هذا تفسير

(١) أي فاستقبل الناس طريقا جديدا في الاكتفاء بالطلاق والمراجعة الى مرتين سواء الذين طلقوا قبل على غير ذلك الطريق وغيرهم ممن لم يطلقوا الى نزول الآية .

هذه الاية من ابن كثير بلفظه • وفي هذه الروايات دلالة واضحة لنسخ المراجعة بعد الثلاث •

وأوضح دليل يزيل الاشكال عن القول بالنسخ المذكور : وقوع مثله واعتراف المخالف به في نكاح المتعة • فان مسلما روى عن جابر -رض- ان متعة النساء كانت تفعل في عهد النبي صلى الله عليه وسلم وابي بكر وصدرا من خلافة عمر • قال : ثم نهانا عمر عنها فانتهينا • وهذا مثل ما وقع في طلاق الثلاث طبقا •
ومن اجاز نسخ نكاح المتعة واحال نسخ جعل الثلاث واحدة يقال له : ما لبائك تجر وباتي لا تجر ؟ فان قيل : نكاح المتعة صح النص بنسخه قلنا : قد رأيت الروايات المتقدمة بنسخ المراجعة بعد الثلاث •

وممن جزم بنسخ جعل الثلاث واحدة الامام ابو داود - رحمه الله - رأى ان جعلها واحدة انما هو في الزمن الذي كان يرتجع فيه بعد ثلاث تطليقات وأكثر • قال في سننه : (باب نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث) ثم ساق بسنده حديث ابن عباس -رض- •

ويؤيد هذا : ان عمر لم ينكر عليه أحد من اصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم ايقاع الثلاث دفعة واحدة مع كثرتهم وعلمهم وورعهم • ويؤيده ان كثيرا جدا من الصحابة الاجلاء العلماء صح عنهم القول بذلك : كابن عباس ، وعمر ، وابن عمر ، وخلق لا يحصى •

والناسخ الذي نسخ المراجعة بعد الثلاث قال بعض العلماء انه : قوله تعالى : (الطلاق مرتان) كما جاء مبينا في الروايات

المتقدمة • ولا مانع عقلا • ولا عادة من ان يجهل مثل هذا الناسخ كثير من الناس الى خلافة عمر ـرضـ • وكما جهل كثير من الناس نسخ نكاح المتعة الى خلافة عمر مع انه صلى الله عليه وسلم صرح بنسخها وتحريمها الى يوم القيامة في غزوة الفتح وفي حجة الوداع ايضا كما جاء في رواية عند مسلم • ومع ان القرآن دل على تحريم غير الزوجة والتسرية بقوله : (والذين هم لفروجهم حافظون الا على أزواجهم أو ما ملكت ايمانهم) •

ومعلوم ان المرأة المتمتع بها ليست بزوجة ولا سرية كما يأتي تحقيقه ـ ان شاء الله ـ في سورة النساء في الكلام على قوله تعالى : (فما استمتعتم به منهن •• الآية) •

جوابی چوارەم لە حەدیثی ئیبنو عەبباس (خ) ئەمەیە : کە ریوایەتی طاوس لە ئیبنو عەبباسەوە موخالیفە بۆ ئەوەی کە موحەددیثینو حوففاظ لە رەفیقەکانی ئیبنو عەبباس ریوایەتیان کردووە لێیەوە • ئەوەتە سەعیدی کوڕی جوبەیرو ، عەطای کوڕی ئەبو رەباحو ، موجاهیدو ، عەکرەمەو ، عەمری کوڕی دینارو ، مالیکی کوڕی حارثو ، محەمەدی کوڕی ئەیاسو ، موعاوییەی کوڕی ئەبی عەیاشی ئەنصاری ـ وەکو بەیهەقی لە کتێبی (السنن الکبری)دا نەقڵی کردووە هەروا قورطبیو غەیری ئەوانیش ـ ئەمانە هەموو ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەبباسەوە کە فەرموویەتی : سێ‌تەلاقە بە یەك لەفز وەکو (انت طالق ثلاثا) ئەبێ بە هۆی کەوتنی هەرسێ تەلاقی کابرا •

بۆیە ئیمامی بەیهەقی لە (السنن الکبری)دائەفەرموێت :

که ئیمامی جەلیل بوخاری (خ) ئەم حەدیثی ئیبنو عەبباسـەی ریوایەت نەکردووە لە صەحیحی بوخاریدا لەبەر ئەوە ئـەم کۆمەڵە زۆرە لە ئەصحابی ئیبنو عەبباس (خ) موخالەفـەی طاوسـیان کردووە لـەم ریوایەتا کردوویەتی لـە ئیبـنو عەبباسەوە ٠

(اثرم) فەرموویەتی : پرسیارم کرد لـە ئەبوو عەبدوڵڵا ــ یانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ــ وتم : چۆن جوابی حەدیثـی ئیبنو عەبباس ئەدەنەوە کە فەرموویەتی : (کان الطلاق الثلاث علی عهد رسول الله صلی الله علیه وسلم وابي بکر ، وعمر (رض) طلاق الثلاث واحدة) ؟ ئەویش فەرمووی : جوابی ئەدەینـەوە بەوە کە کۆمەڵی موحەددیثین خیلافی ئەو شێوەیانە نەقڵکردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (وکذلك نقل عنه ابن منصور ٠ قاله العلامة ابن القیم ــ رحمه الله ــ) واتە بە ریوایەتی قەرەباڵغـی ئیمامەکان لە نەفسی ئیبنو عەبباسەوە کە سـێ تەڵاقەی بـە سێ تەڵاقە داناودو حوکمـی کردووە بـە کەوتنی هەرسـێ تەڵاقەکە ٠

بزانن : کـە بـە شێوەیەکی راست ثابت نـەبووە کـە ئیبنوعەبباس (خ) سێ تەڵاقەی بە یەك جوملە وەکو (انت طالق ثلاثا) بە یەك دانابێ ٠٠ وە ئەوەی کە ئەبو داود لە رێگـەی حەمادی کوڕی زەیدەوە لە ئەییوب لە عکرمەوە نەقڵـی کردووە کە ئیبنو عەبباس فەرموویەتی : کاتێ یەکێ بە ژنەکەی بڵێ : (انت طالق ثلاثا) بە یەك جوملە ٠٠ ئەوە بە یەك ئەژمێررێ ٠ موعارەضەی ئەکرێ بەوە کە نەفسی ئەبوداود خۆی لە رێگـەی

ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم له ئەییوب له عەکرەمەوه که ئەو قسه قسەی عەکرەمه بووەو قسەی ئیبن‌و عەبباس نەبوو ٠

وه ڕێگەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم‌راجیحه بەسەر ڕێگەی حەمادی کوڕی زەیدا بەمه که هەموو حافظەکانی حەدیثی شەریف سوافیقن لەگەڵ ئیسماعیلدا که ئیبن‌و عەبباس (خ)سێ‌تەڵاقەی له یەك جوملەدا به سێ‌تەڵاق حسێب کردووه ٠

جوابی پێنجەم : له حەدیثی ئیبن‌و عەبباس (خ) ئەمەیه : که فەرموویانه ئەو ریوایەته زەعیفەو ، لەوانەیه که موحاوەلـەی کردووه بۆ زەعیفی ئەو ریوایەته : (ابن العربـــي المالكـــي) و (ابـــن عبـــدالبر) وقورطبـــی ٠ (ابن العربي المالكـــي) فەرموویەتی : چەن کەسێ له ئاخر زەمانا کەوتوونەته زەلەلەوەو وتوویانه : سێ‌تەڵاقه لەیەك لەفزدا ــ تەئسیری نیه ئیللا بۆ یەك تـــەڵاق‌و ئەمـــەیان نیسبەت‌داوه لـــه ئیمامه پێشینانه زۆر پێشکەوتووەکان ، ئـــەو نیسبەتیشیان داوه بـــۆ لای حەجاجی کوڕی ئەرطاة که (ضعيف المنزلـــة) وکـــەم پایەیه لەنـــاو موحەددیثەکانا ، وه لەو هۆوه حەدیثێکیان ریوایەت‌کردووه کـــه ئەصلی نیه ٠ وه کۆمەڵێك بەو هۆوه گومڕا بوون ٠

وه من گەڕام بەشارانی ئیسلامداو گەلێ کەسم چاوپێکەوت له عولەمای ئیسلام‌و زانا خاوەن مەزهەبەکان بەقەطعی باســـی ئەمەم نەبیست که سێ‌تەڵاقه به تەڵاقێ دائەنرێ ٠ وه بەڕاستی زانایانی ئیسلام‌و خاوەن پایەکان له ئەهلی حەلل‌و عەقدی ئەحکام هەموو یەك واتەن که سێ‌تەڵاقه له یەك کەلیمەدا ــ با حەرام بێ له بیروباوەڕی بازێکیاناو بیدعه بێ له بیری بازێ زانای تردا ــ

بە سێ تەڵاقە دائەنرێ ·

جا ئەو بازە کەسە لەکوێو زانای دین‌و ئاڵای ئیســـــلام محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری لەکوێ کە لە صەحیحەکەیـــا فەرموویەتی : (باب جواز الطلاق الثلاث · لقوله تعالى : الطلاق مرتان) ؟

وە باسی واقیعەی لیعانی کردووە کە کابرایێ ژنــــەکەی سێ تەڵاقەدا لە پێش ئەوەدا کە حەزرەت (د) ئەمری پێ بکا . وە بە قەطعی حەزرەت زویر نەبوولێی . وە حەزرەت قەت تەقریری کەس ناکا لەسەر بەتاڵ · وە لە واقیعا ئەوە بۆ کابرا دروستە لە تەڵاق گری‌کردوونەتەوەو شەریعەتیش حوکمی پێ‌ئەکاو هەرچی غەیری ئەمە کە نیسبەتی ئەدەن بۆ لای ئەصحابەی حەزرەت (د) درۆیەکی رووتەو ئەسڵی نیە لەکیتاباو ریوایەتـــی دامەزراوی باوەڕپێکراوی نیە لەکەسەوە ·

وە ئیمامی مالیك داخڵی کتێبی (الموطأ)ی کردووە بە نەقڵ لە حەزرەتی عەلییەوە ــ کرم الله وجهه ــ کە جوملەی (الحرام ثلاث) لە یەك کەلیمەدا ئیعتباری پێ‌ئەکرێ · دەی (انت طالق ثلاثا) باشترە لەوە : چونکی بـــــە صەراحەت باسی هەرســێ تەڵاقەکەی تێداکردووە · وە ئەمما حەدیثی حــــەجاجی کوڕی ئەرطاة ئەوە لە میللەتی ئیسلامدا مەقبووڵ نیەو لەلای هیچ‌کەسێ لە ئیمامەکان ئیعتیباری نیە ·

ئەگەر بوترێ : لە صەحیحی موسلیمدا هــەیـە لــە ئیبن‌و عەبباسەوە ریوایەتەکەی لە (أبو الصهبا) وەکراوە ئەڵێن : ئەمە نابێ بە دەلیل لەبەر چەن وەجهـ :

یەکەم : ئەو حەدیثە ئیختیلاف هەیە لە صیحەتیا ، چـــۆن پێش ئەخرێ لەسەر ئیجماعی ئوممەت ؟ وە خیلاف لەو ئیجماعەدا نەبینراوە لەو حوکما ئیللا لە لایەنی بازەکەسێکەوە کە لە پایەی تابیعین دواکەوتووترن ، وەلحال عەسری حەزرەتو عەســـری ئەصحابەکان رابوردووە بە ئیتیفاق لەسەر رقووعی سێ تەڵاقــە ئەگەر هاتو ریوایەتێکی موخالیفیان کرد لە یەکێ لەو ئەهلی عەسرە دواییە ئێوە لێیان قەبووڵ مەکەن ئیللا ئەوەی کە ئەوان لە ئێوەی قەبووڵ ئەکەن بە نەقڵی عادیل لــــە عادیلەوە • وە بەڕاستی ئەم مەسئەلە نابینی نیسبەت بدرێ بۆ لای یەکێ لــــە سەلەف هەتاهەتایە •

دووەم : ئەم حەدیثە ریوایەتنەکراوە ئیللا لــــە ئیبـــنو عەبباسەوە (خ) و کەسیش ریوایەتی نەکردووە لەوەوە ئیللا لە رێگەی طاوسەوە • دەی چلۆن قەبووڵ ئەکرێ حەدیثێ کــــە ریوایەتی نەکردبــــێ لە صەحابییەکان ئیللا یەکێکیــــان ، وە ریوایەتیشی نەکردبێ لەو صەحابیەوە ئیللا یەك کــــەس ؟ وە چلۆن ئەو حەدیثە ونئەبێ لە جەمیعی صەحابە ئیللا لە یەکێکیان نەبێ ؟ وە چلۆن مەخفی بووە لەسەر ئەصحابی ئیبنو عەبباس ئیللا طاوس نەبێ ؟ (انتهى محل المقصود من كلام ابن العربـــي المالكي) •

وە (ابن عبدالبر) فەرموویەتی : ریوایەتی طاوس هەڵەیە کەس ریوایەتی نەکردووە لــــە فوقەهای شارانی ئیسلام لــــە : حیجازو ، شامو ، عیراقو ، مەشریقو ، مەغریب • وە وتراوە کە (ابو الصهباء) ناناســـرێ لەنــــاو ئازادکراوەکانـــــی ئیبنو

عەبباسدا (خ) ·

وە بەهێزتر لەم وەجهە ئەمەیە : بڵێین : ئەم حەدیثە لـــە ریوایەتی ئاحادەو ریوایەتی ئاحاد لە بۆ حەدیثێ کە باعیث زۆر هەبێ بۆ ریوایەتی بە شێوەی تەواتور دەلیلە لەسەر ئەوە ئــەو ریوایەتە صەحیح نیە · وە سیرڕەکەی ئەوەیە هەر واقیعەیـــێ باعیث زۆر بێ بۆ گێڕانەوەی ، وەکو ئەحکامی عامە پێویستە بە شێوەی تەواتورو ئیشتیهار نەقڵبکرێ · مادام وەها ریوایـــەت نەکرا ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەو شتە واقیع نەبووە، چونکی نەبوونی (لازم) دەلیلە لەسەر نەبوونی (ملزوم) ، وە ئەمـــە یاسایەکە دامەزراوە لە ئوصوڵدا ·

کەوابێ ئەتوانین بڵێین بینا لەسەر قەول بەمە کە مەعنـــای حەدیثی طاوس ئەوەتانێ سێتەلاقە بە یەك لەفز دائەنرا بە یەك تەلاق لەزەمانی حەزرەتا (د)و ئەبووبەکرو لە ئەووەڵی زەمانی عومەرەوە (خ) · ئەمجار بڕیاربدەین کە عومەر هات ئەو یاسای گۆڕی کە حەزرەت (د) لەسەری بوو وە موسوڵمانان لە زەمانی ئەبووبەکرا لەسەری بوون ، وە زورمەی صەحابەکان بەمەیـان زانی · لەم کاتەدا داعیو باعیث بۆ گێڕانەوەی یاسای زەمانی حەزرەت (د) وە زەمانی ئەبووبەکر (خ) زۆربوو هەتا بیکـــەن بەهۆی بەتاڵکردنەوەی ئەو کردەوە کـــە عومــــەر کردی · دەی بێدەنگبوونی جەمیعی صەحابە لەم کردەوەو بەس تاقەکەسێ حەدیثێ ریوایەتبکاو ، لەو کەسەیشەوە هەر تاقە کەسێ ریوایەت بکا ، دەلالەت ئەکا بە دەلالەتێکی رووناك لەسەر یەکێ لە دوو شت : یەکەم : ئەمە کە حەدیثی طاوس کە ریوایەتی کردووە لە

ئیبن‌و عەبباسەوە مەعنای وا نیە سێ‌تەڵاقە بە یەك لەفز بووە بەڵکو بەسێ جوملە بووە وەکو باسمان کرد • وە ئیمامی نەسائی جەزمی پێداناوە ، وە شێخی نەوەوی‌و قورطوبی‌و ئیبن‌و سورەیج تەصحیحیان کردووە •

وە بینا لەسەر ئەم مەعنا ئیشکال نامێنێ : چونکی گۆڕینی حەزرەتی عومەر بۆ ئەو حوکمە لەبەر گۆڕانی قەسدو نییەتی خەڵکەکە بووە ، وەکو حەزرەت (د) فەرموویەتی : (انما الاعمال بالنیات وانما لکل امریء ما نوی) • دەی کەسێ بڵێ بە ژنەکەی : (انت طالق ، انت طالق ، أنت طالق) وە نییەتی لەسەر تەئکیدی جوملەی یەکەم بێ بە جوملەی دووهەم‌و سێهەم ئەوە یەك تەلاقی ئەکەوێ • وە ئەگەر نیەتی ئیستیئناف بێ لە جوملەی دووهەم‌و سێهەمدا ئەوە سێ تەلاقی ئەکەوێ‌و گۆڕانی مەعنای لەفز لەبەر گۆڕانی نیەتی لافیز ئیشکالی تێدا نیە • دووهەم : کە ئەو حەدیثە حوکم بە صیحەتی ناکرێ لەبەر ئەوە کە داعی‌و باعیث بۆ نەقڵکردنی بەتەواتور زۆر بووە کەچی بە ریوایەتی ئاحاد ریوایەت کراوە • کەوابێ وەکو قورطوبی فەرموویەتی ئەم شێوە باعیثە بۆ جەزمنان بە بوطلانی • (كما نقله عنه ابن حجر العسقلاني في فتح الباري شرح البخاري ، وهو قوي جدا بحسب المقرر في الاصول • كما ترى) •

جوابی شەشەم لە حەدیثی ئیبن‌و عەبباس (خ) بەمەیە کە : حەملی لەفزی (ثلاث) کراوە لەسەر (البتە) واتە : لە زەمانی پێشوودا ئیستیعمالی (البتە) کراوە بە مەعنا (ثلاث) جا لەسەر ئەم ئەساسە ئەوەی لە حەدیثی ئیبن‌و عەبباسدا هەیە لە کەلیمەی

(ثلاث) وەختی خۆی (البتە) بووە ، بەڵام لەبەر ئەوە کە جار بەجار لەفزی (البتە) بە مەعنا (ثلاث) ئیستیعمالکراوە بازێ لە راویانی ئەو حەدیثە کەلیمەی (البتە)یان گۆڕیوە بە (ثلاث) و بووە بە هۆی ئیشکال ٠

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی موحەددیثو حافظ فەرموویەتی: ئەم جوابە بەهێزەو تەئییدی ئەمە ئەکا ئەوە کە ئیمامی بوخاری لەم بابەدا ئەو حەدیثانە کە بە لەفزی (البتە) واریدبوون تێکەڵی کردوون لەگەڵ ئەو حەدیثانە کە بە لەفزی (ثلاث) وارید بوون ٠ (كأنە) ئیشارەی کردووە بۆ لای ئەوە کە فەرق لە بەینی (البتە)و (ثلاث) دا نیەو لەفزی (البتە) کە زیکر بکرێ حەمل ئەکرێتە سەر (ثلاث) مەگەر کابرای ژنتەڵاقدەر داوای ئەوە بکا کە مەقصەدی لە (البتە)یەك تەڵاق بووە ٠

جوابی حەوتەم لە حەدیثی ئیبنو عەبباس (خ) بەمەیە : کە لەو حەدیثەدا کە طاوس ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە باسی ئەوە نەکراوە کە حەزرەت (د) بەوەی زانیوەو تەقریری کردووەو دەلیل لە شتێکدایە کە حەزرەت پێی زانی بێو تەقریری کردبێ نەك لە شتێکدایە پێی نەزانی بێ ٠

جوابی هەشتەم لە حەدیثی ئیبنو عەبباس (خ) ئەمەیە : کە ئەو حەدیثە واریدبووە لە ژنی (غیر مدخول بها) دا ؛ چونکی ئەگەر مێردەکەی لە پێش ئەوەدا چووبێتەلای پێی بڵێ (أنت طالق ثلاثا) هەر بەجوملەی (أنت طالق) ژنەکە بائینە ئەبێیتەوە ئیتر لەفزی (ثلاثا) بەبۆشی دەرئەچێ وە دەلیلی ئەم

جوابه ئەمەیە کە بازێ لە ریوایەتەکان وەکو ریوایەتی ئەبـو داود (مقید)ە بە (غیر مدخول بها) وە ٠

وە لە ئو صولدا بڕیار دراوە کە ئەگەر (مطلق) و (مقید) بکەونە یەك لە دوو ریوایەتا ـ مەثەلا ـ ئەوە حەملی (مطلق) ئەکرێ لەسەر (مقید)ەکە ، بەتایبەتی ئەگەر حوکمیـــانو سەبەبیان یەك بێ وەکو لەم جێگەدا ٠

جوابی نۆهەم لە حەدیثی ئیبنو عەبباس ئەمەیە : کەلامی ئیبنو عەبباس لە ریوایەتی ئەبوو داودا واریدبووە لەسـەر سوئالو پرسیاری (أبو الصهباء)و ئەویش پرسیاری لە تەلاقی غەیرە مەدخولە کردووە ٠ کە پرسیویەتی لە ئیبنو عەبباس : ئایا تۆ نازانی کە لە زەمانی حەزرەتا ئاوابووە ٠ وە ئیبـنو عەبباس جوابی دایەوە بە تەصدیق ٠ کە جوابیش لەسـەر سوئال واریدبێ مەفهوومی موخالەفەی نیەو بەقەطعی لـەو جوابەوە حوکمی تەلاقی ژنێ کە (مدخول بها) بێ دەرناکەوێ نە بە بوون وە نە بە نەبوون ٠

جوابی دەهەمین لە حەدیثی ئیبنو عەبباس ئەمەیە : کـە رابورا ریوایەتی ئەبو داوود لە ئەیوبی سەختیانییەوە ئەویش لە چەن کەسێکەوە بووە کە نەناسراون ، وە کەسێ نـەناسرێت کێیە حوکم بە ریوایەتی ناکرێ ٠ بۆیە نەوەوی لە شەرحـی موسلیمدا فەرموویەتی : (وأما هذه الرواية التي لابـي داود فضعيفة ؛ رواها ايوب عن قوم مجهولين عن طاوس عن ابـن عباس فلا يحتج بها والله أعلم ٠ انتهى بلفظه) ٠

وە موندیری لە موختەصەری سونەنی ئەبوو داودا لەپاش

سەوقی ئەو حەدیثە پێشووە فەرموویەتی : ئەو راوییانە کە ریوایەتیان کردووە لە طاوسەوە نەناسراون : وە عەللامە ئیبنولقەییم لە (زاد المعاد)دا پاش سەوقی لەفزی ئەم ریوایەتە ئەڵێت : (وهو بأصح اسناد) انتهی •

جا تەماشای ئەوە بکە لە ریوایەتێکدا کە صەحیحترین ئیسنادی ئەوە بە چەن راوییەکی نەناسراوەوە بێ ئەبێ باقی ریوایەتەکانی تری چۆن بن ؟

کەوابو خولاصەی حەدیثی ئیبنو عەبباس (خ) یا لەسەر سێ تەڵاقەی جیاجیا بووە بە سێ جوملە . وە یا لە وەختی خۆیا حوکمێ بووە بەوە سێ تەڵاقە بە یەك جوملە بە یەکێ حسێب بکرێ ، بەڵام ئەو حوکمە نەسخ بووەتەوەو . خەڵك هەموو بەو نەسخەیان نەزانیوە ، هەتا حەزرەتی عومەر (خ) لەو کاتەدا نەسخەکەی مەشهوور بوو ، وە ئەصحابەکان هەموو تەقریری حوکمەکەی عومەریان کرد (خ) •

وە موخالیفەکان شوبهەیەکی تریان هێناوەتە پێشەوە : گۆیا (انت طالق ثلاثا) بە یەك جوملە ئەگەرسێ تەڵاقی پێ بخەی ئەوە درۆیە ؛ چونکی کابرا یەك لەفزی وتووە ، وە ئەگەر ئەمە دروست بێ بۆ سێ تەڵاق ئەبێ شەهادەتی لیعانیش بە یەك شەهادەت جێ بەجێ ببێ بەم شەرتە لە ئاخری ئەو یەك شەهادەتەوە بڵێت : (چوارجار) وەکو (ثلاثا) لە تەڵاقا •

هەروا ئەگەر کابرا یەك سوێند بخواو لە ئاخرا بڵێ : دە جار ئەوە ئەگەر ئەو سوێندەی کەوت ئەبێ کەفارەتی دە سوێند بدا •

هەروا ئەگەر جارێ کابرا (سبحان الله) بکاو لە ئاخـرا بڵێ : صەد جار ئەبێ بە صەد تەسبیح دابنرێ • وە ئەگەر جارێ بدا لە کابرایێ یا جنێوێکێ پێ‌بداو لە ئاخرەوە بڵێت : سێ‌جار ئەبێ بە سێ‌جار •

ئەم شوبهەیە ئەوەندە بێ‌نرخە ئەگەر لە ترسی گومڕاکردنی ئینسانی ضەعیف نەبوایە پێویست بە جواب نەدەبوو !

ئەم خاوەن‌شوبهانە فەرقیان نەخستووە لە بەینی (اخبار) و (انشاء) داو لە (انشاء)دا فەرقیان نەخستووە لە بەینـی ئەو شتانە کە ژمارەیان مەعلووم نەکراوە وەکو سوێنـد ، وە ئەوانە کە ژمارەیان بۆ دانراوە ، وە لەوانە کە ژمارەیان بـۆ دانراوە بازێکیان واجب‌کراوە بە عەینی ژمارە بەکار بهێنرین وەکو سوێند لە مەوزووعی کوشتن‌و توهمەت کە واجبە پەنجا سـوێند بێ ، یـا وەکو شەهادەی بابی (لیعان) کە واجبـە چوار شەهادەی جیاجیا بن ، جا پاش ئەوانەیش یا دۆعا بـە لەعنەت بکا وە یا دۆعا بە نزوولی غەزەب بکا لەسەر ناڕاست ، هەموو ئەمە لەبەر دەربڕینی زەجرو تەهدید بۆ ئەو کەسانە کە ئەکەونە ناو ئەو ڕووداوانەوە • وە بازێکیان بە جوملەیەکـی تەنها جێ‌بەجێ ئەکرێ ، واتە بە جوملەی (انت طالق) مەسەلا، ئەتوانێ ئیرادەی یەك تەلاق بکا یادوو تەلاق ، وە ئەگـــەر ژمارەکەیشي بە زمان بڵێت باشترە • هەروا ئینکاح‌و نـەزرو هاووێنەیان : وەکو (مەسەلا) یەکێ دە جار جنێو بدا بە یەکێ وە ئەم یەکە بە یەك‌جار بڵێت لەو دە جنێوە ئازاد بە •• (بنـــاء علیه) ئەگەر (وەلی) بە جارێ دوو ژن مارە بکات لـە شەخسێ بەکێکیان بە ئەصالەت‌و یەکێکیان بە وەکالەت دروستە• یاخود سێ

کوڕەزای ببن‌و بیەوێ بە جارێ قەبووڵی نیکاحی ژنیان بـــۆ بکا دروستە ، وە ئەگەر بە یەك جوملە دە دینار نەزر بکـــا دروستە ••• وە مادام عەقدی نیکاح بە دەست مێردەوەیـــەو ژمارەی تەڵاق موڵکی ئەوە بۆی دروستە بە جارێ هەرســـێ تەڵاقەکە بخا یا بە سێ جار یا بە دوو جار • یانی جارێ یەکێ‌و جارێ دوان • وە ئەمما سوێند ئەوە ئینشایەکی ژمارەی تایبەتی نیە • کەوابێ هەر جوملەیێ بۆ سوێندێك ئیستیعمال ئەکرێ • هەروەها (سبحان الله) بۆ ئینشای تەقدیسەو ژمارەی دیاری نەکراوە ، کەوابێ هەرجوملەیێ بە یەکێ حسێب ئەکرێ ، وە ئەگەر وتی (سبعین مرة) ئەوە هەر زیادە ثەواب بۆ کابـــرا دائەمەزرێ ئیتر نابێ بەهۆی ئەوە کە بڵێین حەفتاجار (سبحان الله)ی کردووە ، وەکو هەموو ئەمانە دەرئەکەون لە (فتـــح الباری) شەرحی صەحیحی بوخاری تەئلیفی ئیبنوحەجـــەری عەسقەلانیدا (خ) •

پاش باسی دەلیلی موخالیفین بۆ جومهوورو جوابیـــان •• باسی دەلیلی جومهوور لەسەر وقووعی تەڵاقی ثەلاثە بەجوملەی واحیدە ؛ وەکو (انت طالق ثلاثا) بکەین • جا بزانە چـــەن دەلیلیان هەیە لەسەر ئەم مەقسوودە :

یەکەم : حەدیثی سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی کە لـــە صەحیحایە لە واقیعەی لیعانی عوەیمیری عیجلانی‌و ژنەکـــەیا • لـــەو حەدیثەدا ریوایەت ئەکا کاتێ کە کەلیماتی لیعانەکەیـــان تەواو کرد عوەیمیر عەزری حەزرەتی کرد : (د) یا رەسوولەڵلا ئەگەر ئیتر من ئەم ژنە لەلای خۆم رابگرم بزانە من درۆم بـــۆ

هەڵبەستووەو فەورەن سێ تەڵاقەی ژنەکەی دا لە پێش ئـەوەدا کە حەزرەت ئەمری پێ بکا •

ئیبن‌و شەهاب ئەڵێ : ئەم جیابوونەوەی ژن‌و پیاوە بوو بە یاسای ئەوانە کە لیعان ئەکەن ئیمامی جەلیل محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری ئەم حەدیثەی ریوایەت کردووە لە ژێــــر عینوانی (باب من جوز الطلاق الثلاث) وە ریگەی ئیستیدلال بەم حەدیثە ئەمەیە کە عوەیمیر لە یەك کەلیمەدا ســێ تەڵاقەی ژنەکەی داو حەزرەت (د) حازربوو وە بیستی‌و ئینکاری نەکرد وا بوو بە تەقریر لە لایەنی حەزرەتەوە (د)و بوو بە مەشرووع لە دینی ئیسلاما •

موخالیفەکان ئەڵێن : بە نەفسی لیعان کردنەکە زەوجەین لەیەك حەرام بوون کەوابێ ئەو تەڵاقدانە وەکو تەڵاقدانــی ژنی بێگانەیە ، تەئثیری‌نیە بۆیە حەزرەت (د) ئینکاری نەکرد •

جومهوور جوابیان داوەتەوە کە ئیستیدلال بەم حەدیثە لەم رێگەیەوەیە کە حەزرەت ئینکاری سێ تەڵاقەخستن بە یـــەك کەلیمەی نەکردووە ، ئەگەر جەمع مەمنووع بوایە ئینکــاری ئەکرد هەرچەن بە نەفسی لیعانەکە لەیەك جیا ببنەوە •

بێجگە لەوە کێ ئەڵێ : بە نەفسی لیعان فیراق پەیدا ئەبێ بەبێ تەفریقی حاکم ؟ ئەمە نە کیتاب‌و نە سوننەت‌و نە ئیجماع ئەمەی ئیفادە نەکردووە ، بەڵکو ئیمامەکان ئیختیلافیان هەیـە تیایا ؛ بازێکیان وەکو مالیك‌و ئەحمەد لە ریوایەتێکاو شافیعی ئەفەرموون : بە نەفسی لیعانی زەوجەین فیراق پەیدا ئەبێ • وە سەحنوون ـ لە ئەصحابی مالیك ـ ئەڵێ : فیراق پەیدا ئەبێ بە

رزگاربوونی زەوج لە کەلیماتەکەی • وە ئیمامی ئەبو حەنیفە ئەفەرموێت : فیراق لەبەینی زەوجەینا نابێ هەتا حاکمی شەرع تەفریقیان ئەکا ، وە ئیستیدلالی کردوە بەوە کە لە رووداوەکانی لیعانا حەزرەت (د) تەفریقی کـــردووە لــە بـــەینی زەوجو زەوجەدا •

وە جومهوور ئیستیدلالیان کردووە لەسەر ئـــەوە کـــە لیعان خۆی نابێ بە هۆی جیابوونەوەی (متلاعنین) هەتـــا حوکم‌نەکرێ بەجیابوونەوەیان لە لایەنی حاکمی شەرعەوە بە : ظاهیری ئەوەی کە واقیع بووە لە ئەحادیثی لیعانا • تەماشابکە ئیمامی بوخاری (خ) ریوایەتی کردووە لە (الجامع الصحیح) دا لە ئیبن‌وعومەرەوە (خ) کە حەزرەت (د) جیایی خستە بەینی پیاوو ژنێ کە پیاوەکەی قەذفی کردبوو ، وە حەزرەت ئەیمانی لیعانی بە ژنەکەیش تەواوکرد •

هەروا بوخاری ریوایەتی کردووە لە (الجامع الصحیح) دا لەئیبن‌و عومەرەوە لە رێگەیێ ترەوە کە حەزرەت (د) لیعانی‌کرد لە بەینی پیاووژنێکی ئەنصارییاو لەیەکی جیاکردنەوە •

وەلحاصل دەرئەکەوێ لەم ریوایەتەو لە گەلێ ریوایاتـــی تریشەوە کە حەزرەت لەپاش لیعانی زەوجەین تەفریقی کردووە لە بەینیانا ، وەکو واقیع بووە لە حەدینی ئـەبووداوودا لـــە رێگەی عەیاضی کوڕی عەبدوڵلای فەهرییەوە لە ئیبن‌و شەهاب لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ئەڵێ : (**فطلقها ثلاث تطليقات عند** رسول الله ـ ص ـ فانفده رسول الله ـ ص ـ وكان ما صنع عند **رسول الله ـ ص ـ سنة**) •

دووەم لە دەلیلەکانی جومهوور لەسەر کەوتنی سێ تەڵاقە بەیەك لەفز : حەدیثی حەزرەتی عائیشەیە (خ) لە واقیعەی رەفاعەی قەرەظیو ژنەکەیا ، عائیشە (خ) ریوایەتی کردووە کە ژنەکە هات وتی:(یارسول اللهان رفاعة طلقني فبت طلاقي)وە ئەم حەدیثە بوخاری ریوایەتی کردووە لەژێر عینوانی پێشوودا • ئیستە لەفزی ئەو ژنە کە ئەڵێ : (فبت طلاقي) ظاهیرە لەوەدا کە رەفاعە پێی وتبێ : (انت طالق البتة) بەڵام بازێ لە زاناکان وتوویانە : ئەم حەدیثە نابێ بە دەلیل لەبەر ئەوە ئیحتیمالی هەیە کە مەبەسی لە جوملەی (فبت طلاقي) ئەمەبێ کە ئاخر تەڵاقی دابێ •

سێهەم لە دەلیلەکان ئەوەیە : کە (ام المؤمنين) عائیشە (خ) ریوایەتی کردووەو بوخاری ریوایەتی کردووە لە ژێر عینوانی پێشوودا : کە پیاوێ ژنەکەی بە سێ تەڵاقە تەڵاق دا . جا شووی کرد بە کابرایێو ئەویش تەڵاقی دا . جا پرسیار کرا لە حەزرەت (د) : ئایا ئەم ژنە رەوایە شوو بکاتەوە بەمێردی ئەووەڵ ؟ حەزرەت فەرمووی : (لا حتى يذوق عسيلتها كما ذاق الاول) •

بازێ کەس ئیعتیرازی گرتووە کە ئەم ریوایەتە عەینی ریوایەتی پێشووە ! وە جوابدراوەتەوە بەوە کە ئەم واقیعە غەیری واقیعەی سابیقە ، وەکو ئیبنو حەجەری عەسقەلانی فەرموویەتی : (وهذا الحديث ان كان محفوظا فالواضح من سياقه انها قصة اخرى وان كلا من رفاعة القرظى ورفاعة

النضرى وقع له مع زوجة له طلاق . فتزوج كلا منهما عبدالرحمن بن الزبير فطلقها قبل ان يمسها . فالحكم في قصتهما متحـــد مع تغاير الاشخاص وبهذا يتبين خطأ من وحد بينهما ظنا ان رفاعة بن سموّل هو رفاعة بن وهب • انتهى) •

چوارەم لە دەلیلەکانی جومهوور ئەو حەدیثەیە کە نەسائی ریوایەتی کردووە لە مەحموودی کوڕی لەبید ئەڵێ : (اخبر النبي ـ ص ـ عن رجل طلق امرأته ثلاث تطليقات جميعا ، فقام مغضبا ، فقال : أيلعب بكتاب الله وانا بين اظهركم ؟؟!) ڕێگەی ئیستیدلال لەم حەدیثەدا ئەمەیە کابرای ژن تەڵاقدەر بـاوەڕی وابووە کە هەرسێ تەڵاقی کەوتووە • دەی ئەگەر ئەو سێ تەڵاقە نەکەوتایە حەزرەت ڕوونی ئەکردەوە کە ئەم سێ تەڵاقـــە ناکەوێ : چونکە حەزرەت (د) تەئخیری بەیان ناکا لە کاتـــی پێویست •

وە ئیبنو کەثیر لە حەدیثی مەحموودەدا ئەڵێ : ئیسنادەکەی باشە • وە ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە (بلوغ المـــرام) دا ئەڵێ :راویانی ئەم حەدیثە جێگەی بڕوان • وە لە (فتـــح الباري) دا ئەڵێ : راویەکانی باوەڕپێکراون •

ئەگەر کەسێ بڵێ : غەزەبگرتنو زویربوونی حـــەزرەت (د)و تەصریحکردنی بەمە کە ئەو گردکردنەوەی سێ تەڵاقـــە لەیەك کەلیمەدا گاڵتەکردنە بە (كتاب الله) ـ دەلیلە لەســەر ئەوە کە ئەو تەڵاقانە ناکەون •• ئەڵێین لـــە جوابـــی ئـــەم پرسیارەدا : بوونی شتێ بە مەمنووعو ناهەموار لە ئەووەڵەوە مونافی نیە بۆ ئەوە کە لە ئەنجاما ئیعتیباری پێ بکرێ ، بـــە

دەلیلی ئەوە لە ئیبن‌و عومەرەوە ریوایەت‌کراوە : فەرموویەتی بەکەسێ کە پرسیاری لێ‌کردووە لەم هۆوە : (وان كنت طلقتها ثلاثا فقد حرمت عليك حتى تنكح زوجا غيرك ، وعصيت الله في ما امرك به من طلاق امرأتك) •

وە بە تایبەتی حاکم ئەفەرمویێت : ئەم فەرموودەی ئیبن‌و عومەرە مەوقووف نیە لەسەر خۆی ، بەڵکو مەرفووعە بۆ لای حەزرەت (د) • وە (دار قطني) ئەم حەدیثەی بەرزکردووەتەوە بۆ لای حەزرەت (د) کە حەزرەت فەرموویەتی : (وان كنت طلقتها ثلاثا كانت تبين منك وتكون معصية) •

وە ئەمانە بەهێز ئەکا ئەوەی ریوایەت‌کراوە لە نەفسی ئیبن‌و عەبباسەوە (خ) بە ئیسنادی صەحیح کە فەرموویەتی بە پیاوێ کە ژنەکەی بە جارێ سێ‌تەڵاقە داوە : (انك لم تتق الله فيجعل لك مخرجا ! عصيت ربك وبانت منك امرأتك) • وەلحاصل کابرا کە بەجارێ سێ‌تەڵاقەی داوە گوناحی کردووەو موناسب بۆ تاوانبارە غەزەب‌و عاجزبوونی حەزرەت (د) وە تەشدیدکردنە لەسەری بە کەوتنی تەڵاقەکانی نەك تەخفیف‌و بارسووك‌کردنی بە نەکەوتنی تەڵاقەکانی •

چوارەم لە دەلیلەکانی جومهوور لەسەر کەوتنی سێ‌تەڵاقە بە یەك لەفز : ئەو حەدیثەیە کە (دار قطني) ریوایەتی‌کردووە لە ئیبن‌وعومەرەوە (خ) کە عەرزی حەزرەتی کرد فەرمووی : (ارأيت لو طلقتها ثلاثا اكان يحل لي ان اراجعها ؟ قال : لا ، كانت تبين منك وتكون معصية • وفي اسناده عطاء الخراساني وهو مختلف فيه وقد وثقه الترمذي) •

خاوەنی تەفسیری (اضواء البیان) ئەفەرموێت : عەطای خۆراسانی لەو ئیمامانەیە کە موسلیم لە صەحیحەکەیا ریوایەتی لێ کردووە •

وە ئەم ریوایەتی عەطا بەهێز ئەبێ بەو حەدیثی سەهلی کوڕی سەعدە کە رابورد ، وە بەوە کە ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لە ئیمامی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی طالیبەوە (خ) وە لەپاش ناوبردنی راویەکان ئەڵێ : عائیشە نـاوی خەثعەمەیە حەرەمی حەزرەتی حەسەنی کوڕی ئیمامی عـەلی بوو ، کاتێ کە حەزرەتی عەلی شەهیدکرا (خ) عائیشە عەرزی کرد : خەلافەتو جێگەداری عەلی موبارەکت بێ • ئەویش زۆر دڵگران بوو . فەرمووی : بە شەهیدبوونی عەلی تۆ ئاوا خۆشحاڵی دەرئەخەی ؟ وە موبارەکبایی من ئەکەی بە خەلافەت ؟ (اذهبي فانت طالق (يعني) ثلاثا) عائیشە دوورکەوتەوە بۆ مەنزڵـی خۆیو خۆی داپۆشیو مایەوە هەتا ماوەی عیددەی تەواوبوو ، جا حەزرەتی حەسەن باقیاتی مارەییەکەی هەرچەن بوو بـۆی نارد لەگەڵ دەهەزاریش بە صەدەقەو ئیحسان ، کە پارەکەیـان بۆ دانا عائیشە وتی : (قالت : متاع قليل من حبيب مفـارق) کاتێ ئەم قسەی عائیشە گەیشت بە حەزرەتی حەسەن گریـاو فەرمووی : (لولا اني سمعت جدي ، او حدثني ابي انه سـمع جدي يقول : « ايما رجل طلق امرأته ثلاثا عند الاقراء او ثلاثـا مبهمة لم تحل له حتى تنكح زوجا غيره » لراجعتها) •

پێنجەم لە دەلیلەکانی جومهوور : ئـەو حەدیثەیـە کـە عەبدورڕەزاق لە کتێبەکەی خۆیا ریوایەتی کردووە لە عوبادەی

کوڕی صامیتەوە ئەڵێ : (طلق جدي امرأة له الف تطليقة • فانطلق الى رسول الله ـ ص ـ فذكر له ذلك ، فقال النبي ـ ص ـ : ما اتقى الله جدك ، اما ثلاث فله ، واما تسعمائة وسبع وتسعون فعدوان وظلم ان شاء الله عذبه وان شاء غفر له • وفي رواية : ان اباك لم يتق الله فيجعل له مخرجا بانت منه بثلاث على غير السنة وتسعمائة وسبع وتسعون اثم في عنقه) •

وە ریوایەتی ئەم حەدیثەی کردووە بەعضێ موحەددیثین لە (صدقەی ابن ابي عمران عن ابراهيم بن عبيدالله ابن عبادة بن الصامت عن ابيه عن جده) •

شەشەم لە دەلیلەکانی جومهوور : ئەو حەدیثەیە کە ئیبنو ماجە هـ ریوایەتیکردووە لە شیعبی ئەڵێت : وتم بە فاطیمەی کچی قەیس باسی تەڵاقی خۆتم بۆبگێڕەوە ! وتی : مێردەکەم سێ‌تەڵاقەی دام لە کاتێکا ئەڕۆیشت بۆ وڵاتی یەمەن ، وە حەزرەت (د) رای بواردو تەنفیذی کرد •

حەوتەم لە دەلیلەکانی جومهوور ئەوەیە : کە ئەبو داوودو دارەقوطنی ریوایەتیانکردووە کە رەکانە کوڕی عەبدوڵڵا ـ زاهیر وایە مەبەس لە عەبدوڵڵا عەبدو یەزیدە کە ناوی زەمانی جاهیلی بووەو حەزرەت گۆڕیویەتی بە عەبدوڵڵا ـ (سهیمە) ناوی ژنی تەڵاق دا بە لەفزی (البتە) واتە پێی وت : (انت طالق البتە) • جا عەرزی حەزرەتی کرد (د)ئەویش فەرمووی:مەبەست لە (البتە) چی‌بوو ؟ عەرزی کرد : قەسدی یەك تەڵاق نەبێ

هیچ مەبەسم نەبوو ، ئەویش سوێندی دا کە غەیری یەك تەڵاق هیچ مەبەستم نەبووە • وە حەزرەت (د) ژنەکەی پێدایەوەو جاری دووەم تەڵاقی دا لە زەمانی عومەرا ، وە جاری سێهەم لە زەمانی عوثماندا تەڵاقی دا •

ئەم حەدیثە لەلای ئەبو داوودو ئیبن‌و حیببان‌و حاکم ئیسنادەکەی صەحیحەو شەوکانی ئەڵێ : ئیبن‌و کەثیر فەرموویەتی : ئەبو داوود لە ڕێگەیەکی تریشەوە ریوایەتی کردووەو چەن ڕێگەی تریش هەیە بۆ ریوایەتی کەوابێ (ان شاء الله) پایەی حوسنی هەیە •

ئەم حەدیثی ڕەکانە نەصە بۆ ئەم مەوزووعە ؛ چونکی (البتە) هەرچەن لە یاسای ئەو ڕۆژەدا لە باتی سێ‌تەڵاقە ئیستیعمال‌کراوە بەڵام لە واقیعدا کینایەیە لە عەدەداو دەست‌ئەدا بۆ یەك دوو وە سێ‌تەڵاقە ، جا ئەگەر سێ‌تەڵاقە بەیەك تەڵاق بکەوتایێ حەزرەت (د) سوێندی ڕەکانەی نەئەدا ؛ چونکی فائیدەی ئەو سوێندە ئەوەیە کە تەڵاقەکەی ببێ بە یەك تەڵاق ، ئەگەرنا سێ‌تەڵاقەی ئەکەوت •

دەلیلی هەشتەم لە دەلیلەکانی جومهوور : ئەو حەدیثەیە کە دارە قوطني ریوایەتی کردووە لە حەمادی کوڕی زەیدەوە ئەڵێ : (حدثنا عبدالعزیز ابن صهیب عن انس قال : سمعت انس بن مالك یقول : سمعت معاذ بن جبل یقول : سمعت رسول الله ـ ص ـ یقول ـ یا معاذ من طلق للبدعة واحدة او اثنتین او ثلاثا الزمناه بدعته) واتە : ئەی مەعاز هەرکەسی تەڵاقی

ژنی خۆی بدا به تەڵاقی بیدعی یەك تەڵاق یا دوو تەڵاق یـــا سێ تەڵاق تەڵاقەكەی ئەخەین ٠

جا ئەم حەدیثانە بازێكیان ئیسنادەكەیان صەحیحە بەبــێ خیلاف ، وە بازێكیان صەحیحە لای بازێ موحەددیثـــین ، وە حەسەنە لەلای بازێ تریان ٠ وە بازێكیـــان قسە هەیــە لـــە ئیسنادەكەیانا بەڵام ئەوەندە رێگەیان زۆرە یەك هێز ئـــەدا بەیەكو بە كۆمەڵەیی بۆ ئیستیدلال زۆر موناسبنو ئیستیدلالیان پێ ئەكرێ ٠

وە ئیمامی نەوەوی لەشەرحی موسلیمــدا فەرمویــەتــی : جومهوور ئیستیدلالیان كردووە بە ئایەتی : (ومن يتعد حـــدود الله فقد ظلم نفسه لاتدري لعل الله يحدث بعد ذلك امرا) ٠ ئایەتی یەك لە سوورەی طەڵاق ٠ فەرموویانە : مەعنـــای وایـــە كـــە ژنتەڵاقدەر وا ئەبێ پەشیمان ئەبێتەوەو مومكینیـــش نابـــێ تەدارەكی ئیشەكەی بكاو ژنەكەی بهێنێتەوە ، جـــا ئەگـــەر سێتەڵاقە نەكەوتایە ئیللا بە تەڵاقێكـــی ریجعـــی كابـــرا پەشیماننەدەبووەوە لەبەر ئەوە كە مەجالی ریجعەی ئەبوو ٠

خاوەنی تەفسیری (اضواء البيان) ــ خ ــ ئەڵێ : وە لەوانەیە كە تەئییدی ئەم ئیستیدلالە قورئانییە ئەكا ئەوەی كـــە ئەبـــو داوود بە ئیسنادێكی صەحیح لە رێگەی موجاهیدەوە ریوایەتـــی كردووە كە فەرموویەتی : لە حوزووری ئیبنو عەبباسا بووم (خ) پیاوێ هات بۆ لای وتی : (يا ابن عباس طلقت امرأتي ثلاثــا) ، لەویا ئیبنو عەبباس جوابی نەدایەوە هەتا گومانم برد كە ژنەكەی پێئەداتەوە ، جا فەرمووی : (ينطلق احدكم فيركب الاحموقة ،

ثم يقول : يا ابن عباس أن الله قال : « ومن يتق الله يجعل لــه مخرجا » وانك لم تتق الله ،فلا اجد لك مخرجا : عصيت ربــــك وبانت منك امرأتك) ٠

واتە یەکێکتان ئەچێ سواری سەفاهەت ئەبێ لەپاشا ئەڵێ : (یا ابن عباس) ! خوا فەرموویەتی : هەرکەسێ لە خودا بترسێ خودا لە تەنگانەدا دەرووی بۆ ئەکاتەوە ٠ وە بەڕاستی تۆ لە خودا نەترساویو من هیچ دەروویێ بــۆ تـــۆ نابینم : نافەرمانـــی خودای خۆتت کردووە لەوەدا ژنەکەت بە سێتەڵاقە تەڵاقداوە ، وەژنەکەت جیابووەتەوەلێت بە جیابوونەوەی بەینوونە ٠

وە ئەبوداوود لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) چەن (موتابەعاتێ) واتە چەن ریوایەتێکی موناسبی ئەم ریوایەتەی گێڕاوەتەوە ٠ وە ئەم عیبارەتی ئیبنو عەبباسە تەفسیرە بۆ ئایەتی (ومن يتعـــد حدود الله فقد ظلم نفسه) : وە هەرکەسێ تەقوای خودا بکـــاو سێ تەڵاقەکانی لەیەك کەلیمەدا گردنەکاتەوە ئەوە خودا دەرووی ئەداتێ بە هۆی گێڕانەوەی ژنەکەی تا دوو جار ، وە هەرکەسێ تەقوای خودا نەکا دەرووری نیە ؛ چونکی ژنەکـــــەی بائینـــە ئەبێتەوە بە بەینوونەی کوبرا ٠

ئەمەیە مەعنای کەلامەکەی ئیبنو عەبباس بە نەوعێ کـــە ئیحتیمالی غەیری ئەمەی نیە ٠ وە ئەم تەفسیرو بەیانە زۆر بەهێزە بۆ ئەم مەحەللی نیزاعە ؛ چونکی ئیبنو عەبباس موفەســـیری قورئانەو حەزرەت (د) فەرموویەتی : (اللهم علمه التأويل) وە لەسەر ئەم بیروباوەڕەیە کە سێتەڵاقە بەیەك کەلیمە سێتەڵاقەکە

واقیع ئەکا • وە زورمەی ئەصحابو زورمەی عولەمای موجتەهیدین ، کە چوار ئیمامەن ، لەوانەنو خەڵکێکی زۆر نەقڵی ئیجماعیان کردووە لە ئەصحابەوە لەسەر ئەمە ؛ چونکی کاتێ حەزرەتی عومەر حوکمی کرد بەم قەضییە ئاگاییی ئەصحابەی پێغەمەر (د) وەکو عوثمانو عەلیو گەورەکانی موهاجیرینو ئەنصار ئاگادار بوونو کەس نەبوو کە موخالەفەی عومەر دەرببڕێ لەم مەسئەلەدا ، وە ئەوانیش ئەوانەن کە موباشەرەتەن خیطابیان لێکراوە لە لایەنی خوداوە بە (خیر الأمة) و بە عینوانی موهاجیرو ئەنصار خودا ئیعلانی ردزامەندی خۆی لێکردوونو حەزرەت فەرموویەتی : (وان من یعش منکم فسیری اختلافا کثیرا ، فعلیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدین المهدیین ، عضوا علیها بالنواجذ) • وە بە دەلیلی ئەو حەدیثە کە ئەبو داود بە ئیسنادی صەحیح ریوایەتی کرد ئیبنو عەبباسیش (خ) لە کەوتنی سێ تەلاقە بەیەك کەلیمە موافیقی حەزرەتی عومەر بووە ، وە ئەم قەضییە بووە بە (ئیجماعی سکوتی) ؛ چونکی هیچ صەحابەیەك ئیظهاری موخالەفەی نەکردووەو موخالەفەی ئەوان موخالەفەی ئیجماعە •

وە حاصڵی خۆلاصەی ئەم مەسئەلە ئەمەیە کە قسە لێرەدا لە سێ جانیبەوەیە :

یەکەم : جانیبی نەصی قەولی یافیعلی صەریح لەلایەنی حەزرەتەوە (د) • دووەم : بە صناعەی عیلمی حەدیث • سێهەم : فەرمودەی ئەهلی عیلمو ئیجتیهادە •

ئەمما جانیبی نەص لەلایەنی حەزرەتەوە (د) : بەقەطعی ثابت نەبووە نە لە فەرمودەو نە لە کردەوەی حەزرەت کە بڕیاری دابێ لە مادەیەکدا سێ تەڵاقە بە یەك حسێب بکا ، وە بەهێزترین رووداو قەضیەی رەکانە بوو کە دەرکەوت بە لەفزی (البتە) بووەو حەزرەت (د) سوێندی دا کە لەیەك تەڵاق زیاتری قەسد نەکردووە ، ئەگەر لە یەك تەڵاق زیاتر نەکەوتایە چلۆن حەزرەت (د) سوێندی ئەدا ؟ وە سوودی ئەو سوێندە چی ئەبوو ؟ وە ئەگەر فەرموودەیێ یا حوکمێ ببوایە لەسەر داوای موخالیف چۆن حەزرەتی عومەر بەبێ دەلیلی شەرعی موخالەفەی حەزرەتی ئەکرد ؟ وە یا چۆن لە ناو کۆڕی گەورەکانی موهاجیرین و ئەنصاردا ئەتوانێ موخالەفە بکا ؟ وە چلۆن لێی قەبووڵ ئەکرێ لەناو ئەو ئەصحابە عالمانە وە لەناو ئەو کۆمەڵە پاکانە وە لەناو ئەو پاڵەوانانی دینە کە رۆح و ماڵیان سەرف کرد بۆ ئیسلام !

وە ئەمما لە جانیبی بیر و باوەڕی ئیمامانی موجتەهیدینەوە : ئەوە بە قەنەبناق لە پێش دەرکەوتنی ئەهوای نەفس و بیدعەتا ئەمور بە ئیتتیفاق حوکمیان کردووە بە کەوتنی سێ تەڵاقە • مالیك و ئەبو حەنیفەو شافیعی و ئەحمەد (خ) • جا پاش دامەزرانی ئیتتیناق ئیتر موخالەفەی کەس زیان نادا •

وە ئەمما لە جانیبی عیلمی حەدیث و ریعایەتی ئوصوول : بەهێزترینی ئەحادیث لەوانە کە موخالیف ئیستیدلالی پێ کردوون حەدیثی طاوس بوو لە ئیبن و عەبباسەوە (خ) وە باش تەماشای ئەو جوابانەتان کرد کە موحەددیثین رەددی ئیستیدلالەکەیان پێ کردووەتەوە •

کەوابێ حەق هەر ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلامو عولەمـــای ئەعلام دەوامیان لەسەر کردووە ، وە واجبــە لەســـەر ئێمەیش بکــەوینە شوێن ئەوان • (فان الاقتداء بالكرام كرامة • وخير الكرامة في الاستقامة • نسأل الله الاستقامة على الحق الى ان نلقى رب العالمين) •



﴿ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا ﴾ :

واتە : ئەی موسوڵمانانی خاوەنژن ڕەوا نیەو دروســـت نیە لە دەستووری ئیسلاما بۆ ئێوە کە وەربگرن لە ژنەکانتــان ئەندازەیی لەوەی پێتانداون لە مارەییو ماڵی دنیا ، لەبەر ئەوە ئەوەی پێتانداون بە بەخشش بووەو بووە بە ماڵی ئەوانو ئەو مارەییە کە وەریانگرتووە لێتان لە بری لەزەتوەگرتنی ئێــوە بووە لەچوونەلایان و هەر وەکو ئێوە بوون بـــە خاوەنبارەو لەزەتتان وەرگرتووە لەوان ئەوانیش بوون بە خاوەنی ئـــەو ماڵە •

﴿ إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ ﴾ :

مەگەر کاتێ کە ترسی ئەوەتان ببێ کە حوقووقی خـــودا بەجێنەیەنن بەرابەر بەیەك ، واتە ژنەکان ئارەزوویان لـــە مانەوە لەگەڵتانا نەبێو بەم هۆوە دەستبکەن بەنافەرمانـــیو لادان لەیاسای شەرع لە ژنو مێردیدا •

﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيما حُدودَ اللهِ ﴾ :

جا ئەگەر ترستان بوو لەوە كە حوقووقی خودا بەجیٚ نەهیٚنن لە کاتیٚکا بەیەکەوە بن ٠

﴿ فَلا جُناحَ عَلَيْهِما فِيما افْتَدَتْ بِهِ ﴾ :

ئەوە لەو کاتەدا گوناح نیە لەسەر کابرای خاوەنژن لە وەرگرتنی ئەو ماڵەدا کە ژنەکەی ئەیدا پیٚی لەباتی بەرەڵلاکردنیا ٠ وە گوناحیش نیە لەسەر ژنەکە ئەو ماڵە بدا بە میٚردەکەی هەتا زیاتر گیرۆدەی نافەرمانی خودا نەبن ٠

﴿ تِلْكَ حُدودُ اللهِ فَلا تَعْتَدُوها ﴾ :

ئەم فەرمانانە باسمکردن بۆتان فەرمانی خودای تەعالان لە سنووری ئەوانە لانەدەنو لە خەتیان دەرنەچن ٠

﴿ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللهِ فَأُولٰئِكَ هُمُ الظّالِمُونَ ﴾ (٢٢٩)

وە هەرکەسیٚ لە سنووری فەرمانەکانی خودا لابداو موخالەفەیان بکا ئەوە بەڕاستی ئەوکەسانە غەدارو ناپەسەندن لە لای خودا ٠

لیٚرەدا چەن قسەییٚ هەیە :

یەکەم : بەزاهیری ئەم ئایەتە دروستنیە تۆڵەوەرگرتنی پیاو لە ژن وە ماڵدانی ژنیش لەم هۆوە مەگەر لەکاتی بیمی لادان لە حوقووقی خوداو فەرموودەی حەزرەتیش تەئییدی ئەمە

ئەکا ، کە فەرموویەتی : هەر ژنێ داوای تەڵاق بکا لە مێردەکەی بەبێ بەهانەیەکی شەرعی راست ئەوە بێنی بەهەشت ناکا ٠

بەڵام جومهووری زاناکـــان ئـــەو جیابوونەوەیانە بـــە (مەکرووه) داناوە نەك بـــە حەرام وە ئەگـــەر رووی دا تەنفیزیان کردووە ؛ چونکە مەنعو نەهی لە عەقد دەلالەت ناکا لەسەر فەسادی ئەو عەقدە ٠ (مع العلم) هەرچەن ئەو جـۆرە بەهانەیشە هەبێ بۆ جیابوونەوەیان لەیەك ئەگەر ئەو جیابوونەوە ببێ بە هۆی زیاندان لە ژیانی منداڵیان ، وە یا ببێ بە هـــۆی ئاشووب لەناودا ئەوە ئەبێ بە هۆی تاوانباری بۆ ژنو پیاوەکە ، بە تایبەتی بۆ ئەوەیان کە زۆرتر ئەبێ بە هۆی جیابوونەوەکە٠

وە بازێ لە زاناکان ئەڵێن : لەبەر ئەوە ئـــەم ئایەتـــە هاتووەتە خوارەوە لە شانی حەبیبەی کچی سەهلی ئەنصـاریو ثابتی کوڕی قەیسدا ، وە حەبیبە ئەوەندە رقی لە ثابت بـــوو ترسی ئەوەی هەبوو لە مانەوەیا لەلای گیرۆدەی تاوان ببــێ ٠ ئەم ئایەتە مەفهوومی موخالەفەی نیە ٠ واتە ئەوە ناگەیەنــێ ئەگەر ترسی نافەرمانی خودایان نەبوو ئەوە جیابوونەوەکـــە گوناحـــە ، وە بـــە هەرحاڵ کـــە هەردوو لایـــان بڕیاری جیابوونەوەیان دا لە بەرانبەری ماڵەوە دروستە بۆیان ٠

دووهەم : ئەم نەوعە جیابوونەوەیە مەشهوورە بە (خولع) واتە جیابوونەوەی ژنو مێرد بە (عیوەز) وە لـــە زاهـیری ئایەتەکەدا لەسەر هەر ئەندازەیێ لەماڵ بـــێ بـــە دڵخوازی هەردوولایان دروستە ، هەرچەند لە کەرامەتی خۆی کابرایە کە

له میقداری مارەیی ژنەکەی زیاتر نەبێ ٠

سێهەم : لەسەر ئەو مەعنایە بەیانمان کرد خیتابی (ولا یحل لکم) بۆ ئەو مێردانەیە کە ژن تەڵاق ئەدەن ، وە لادان لە خیطابەوە بۆ غائیب لە جوملەی (الا ان یخافا) ، وە لە غائیبەوە بۆ موخاطەب لە جوملەی (فان خفتم) دا لەسەر یاسای ئیلتیفاتە وە تەعبیر بە جەمعو بە تەثنییە لەبەر تەماشاکردنی دامەزراندنی یاسا ، وە تەماشای ئەو دوو کەسەیە کە خولعەکە بەجێدێنن ، واتە لە تەماشاکردنی یاسای خولع لە ناو موسوڵمانانا بە صیغەی جەمع خیطاب ئەکا ، وە لە تەماشاکردنی ئەو دوو کەسەدا کە خولعەکە بەجێدێنن بە شێوەی تەثنییە تەعبیرئەداتەوە ٠

جا پاش باسکردنی تەڵاقی ژن لە موقابیلی ماڵەوە بۆ ئیمادەی ئەوە کە تەڵاق وەکو بەخۆڕایی وە لە موقابیلی ماڵیشەوە ئەبێ خودای تەعالا ڕووی‌کردەوە بەیانی ژمارەی تەڵاق وە فەرمووی :

﴿ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ ﴾ :

واتە ئەگەر لەپاش ئەو دوو تەڵاقە کە باسمان کردن ئەگەر مێردی ژنەکە جارێکی سێهەم ژنەکەی تەڵاقدا ـ خواە بەخۆڕایی بێ یا لەسەر ماڵ بێ ـ ئەوە ئیتر ئەو ژنە حەڵاڵ نابێتەوە بۆ ئەو کەسەو دروست‌نیە بگەڕێتەوە بۆ لای هەتا شوو ئەکا بە مێردێکی تر غەیری مێردی پێشووی‌و ئەو مێردە دووهەمە ئەڕواتە لای ژنەکەو لەزەت لەیەك وەرئەگرن ٠

وە سیڕڕی ئەم وەزعە ئەمەیە کە ئایینی ئیسلام داوای ئەوە ئەکا ژن‌و مێرد بە یەکەوە بەخۆشی‌و بەحورمەتەوە بەبێ

ئاژاوە بژین هەتا ئەگەر نەتەوەیێ لەو پیاوو ژنە پەیدابــوو لەناو خانەدانێکی بەخۆشیو ئاوەدانا بژینو فێری زانســـتو خوو وە رەوشتی بەرز ببن ، وە بۆ رێخستنی خانەدانی وەهـــا خودا رازی نیە هەتا هەتایە کابرا ژنەکەی تەلاق بداو بێهێنێتەوەو هەروا ئاژاوە دەوام بکا ، بەڵکو ئەم ئاژاوە تا دووجار چاوپۆشی لێ ئەکرێو لەجاری سێهەما ئەو ژنەی لێ حەرام ئەکرێ هەتـــا ئەبێ بەژنی پیاوێکی ترو حورمەتی ئەو مێردە پێشووە ئەشکێ بۆ ئەوە عیبرەت بگرێو جارێکـــی تر ئـــەم ئاشـــووبە تازە نەبێتەوە ٠

ئەگەر کەسێ بڵێ : لە پێشەوە باسی تەلاقی سێهەم لـــــە کەلیمەی (أو تسریح باحسان) دا کرا ٠ (بناء علیە) ، (فان طلقها) ئەبێ بە تەلاقی چوارەم ، ئەمەیش مەردوودە ! لـــــە وەلاما ئەڵێین : کەلیمەی (أو تسریح باحسان) بۆ بەرەلاکردنی ژنەکە بوو بە تەلاقی دووهەم ، وەکو باسمانکرد ٠ وە ئەگــەر مەبەس لەوە تەلاقی سێهەم بێ ئەوە تەلاقی سێهەمە لە تەقدیراو تەصویرا ، وە جوملەی : (فان طلقها) بۆ بەیانی تەلاقی سێهەمە لە تەحقیقو بەجێهێنان ٠ واتە : مەعنای ئایەتەکە وا ئەبــێ کە : تەلاقێ گەڕانەوەی لەپاشەوە ببێ دوو جارە ، ئیتـــر پاش ئەم دووجارە تەلاقە یا : راگرتنێکی پیاوانەی بۆ هەیە ، وە یا تەلاقێکی سێهەمی بۆ هەیە بیدا ٠

جا ئەگەر ئەو تەلاقە سێهەمەی تەحقیقکردو هێنایە جێ ، یانی تەلاقەکەی لە جاری سێهەما دا ئیتر ئەو ژنەی بۆ حــەلاڵ نابێ هەتا شوو ئەکا بە مێردێکی تر ٠ وە بەم تەقریرە تــەلاق

هەر سێ جار ئەبێو نابێ بە چوار • وە جوملەی (فان خفتم الا یقیما حدود الله) بۆ بەیانی ئەوەیە ئـــەو تەڵاقانە کـــە بەدەستی پیاونو بە جێگەیان دێنێ ، وەکو ئەتوانێ بەخۆڕایی بە جێگەیان بێنێ ئەیشتوانێ لەسەر ماڵ بێو ئیتر عەلاقەی بـــە زیادکردنی تەڵاقەوە نیە •

﴿ فَاِن طَلَّقَهَا فَلا جُناحَ عَلَيْهِما أَنْ يَتَراجَعا ﴾:

جا ئەگەر ئەم مێردی دووهەمە لە پاش ئەوە کە ئەو ژنەی بە مارەبڕینێکی شەرعی مارەکردو **ڕۆیشـــتەلای** هاتو بـــە ئارەزووی خۆی ئەو ژنەی تەڵاق دا بە تەڵاقی بائین لە موقابیلی ماڵەوە ، وە یا بە تەڵاقی خۆڕایی ، وە ئەو ژنە ماوەی عیددەی لەم تەڵاقەوە بەســـەردا رابوورد •• ئەوە گونـــاحو تاوان ناکەوێتە سەریان لەوەدا بکەونەوە یەكو مێردی یەکەم ئـــەو ژنە مارەبکاتەوە •

﴿ اِن ظَنَّا أَنْ يُقِيما حُدُودَ اللهِ ﴾ :

ئەگەر باوەڕی بەهێزیان وابوو کە پاش ئەم یەكگرتنەیان یاسای فەرمانی خودا لە ژنومێردیدا بەجێ‌دێننو بە یاســـای شەرع بەیەکەوە رائەبوێرن • وە ئەگەر باوەڕیان وابوو کـــە پاش ئەم جارەیش هەر ئاشووبو فیتنە ئەنێنـــەوە ئەوە لـــە ئیقدامیان لەسەر ئەم مارەبڕینە تازەیە تاوان‌بار ئەبن هەرچەن نیکاحەکە بە زاهیری شەرع دروست بێ ؛ چونکی ئینسان هـــەر ئیشێ بکا لەسەر باوەڕی پەیدابوونی ڕووداوی نابار ئـــەوە تاوانبار ئەبێ •

﴿ وَتِلْكَ حُدُودُ اللهِ ﴾ :

ئەم ئەحكامە كە بەیانمانکردن یاسای دینی خودان ٠

﴿ یُبَیِّنُها لِقَوْمٍ یَعْلَمُونَ ﴾ (٢٣٠)

خودا رۆشنیانئەكاتەوە بۆ كۆمەڵە ئینسانێ كە لە یاسای خودا تێبگەنو رەفتاری پێبكەن ٠

جا لەبەر ئەوە كە ئینسانی ئەو چەرخە خوویان گرتبوو بەوەوە كە بەدرێژی رۆزگار هەركاتێ رقیان داهات لە ژنەكانیان تەڵاقیان بدەنو لەپێش تەواوبوونی ماوەی عیددەیانا بیانهێننەوەو ئەم خووە ناشیرینە لە دەماخیانا دامەزرابوو و بە ئاسانی لەسەریان دەرنەدەچوو خودای تەعالا بۆ تەئكیدی فەرمانە پێشووەكەی دووبارە فەرمووی :

﴿ و إِذا طَلَّقْتُمُ النِّساءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾ :

كاتێ ژنەكانتان تەڵاقداو نزیكبوونەوە لە ئاخری ماوەی عیددەیان ٠

﴿ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾ :

ئەو ژنانە بهێننەوە بۆ لای خۆتانو رایانبگرن لەسەر یاسای ناسراوی ئایینی ئیسلام ٠

﴿ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ﴾ :

یا وەكو بەرەڵاتان كردوون با برۆن ، بەڵام بە شێوەیەكی پەسەندو حوقووقیان هەرچی هەیە پێیان بدەن ٠

﴿ و لا تُمْسِكُوهُنَّ ضِراراً لِتَعْتَدُوا ﴾ :

ئیتر مەیانهێننەوە بۆ لای خۆتان لەسەر خواستی ئەوە کە زیانیان پێبگەیەنن هەتا لەسەر ئەو خواستە بکەونە ستەمکردن لێیانو بەدخوویی‌و کاری ناشیرینیان لەگەڵا بکەن ٠

﴿ وَمَنْ يَفْعَلْ ذلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ﴾ :

هەرکەسێ ئەو ستەمەو ئەو کارە نابارانە بکا لەگەڵ ئەو ژنە داماوەدا کە هێناویەتیەوە بۆلای خۆی ئەوە لەراستیدا ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە ؛ چونکی خۆی ئامادەکردووە بۆ عیقابی خودا لە دنیاو قیامەتا ٠

﴿ ولا تَتَّخِذوا آیاتِ اللهِ هُزُواً ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان ئەم ئایەتی خودایەو ئەم ئەمرو نەهیی خودا کە دێنە سەرتان بە گاڵتەو گەپی بێشوعوورانە رایان مەبوێرن‌و ئیهمالیان مەکەن‌و رەفتاریان پێبکەن ٠ وە یاخود ئەو حەڵ‌و عەقدە کە خودا داینـاون بۆتان بەگاڵتەیان دامەنێن ٠ نەڵێن بەو تەڵاقە کە بە دەمتانا هاتووە : گاڵتەمان کردووەو دانامەزرێ! ئەمە گوناحێکی پووچە ؛ چونکی خودا لەسەرتان ئەژمێرێ ٠ وە فەرموودەی پێغەمەرە : سێ شت هەن بە دڵنیایی بیانکەی ساغن‌و بەگاڵتەیش بیانکەی هەر ساغن : ژن مارەکردن‌و ، ژن تەڵاقدان‌و، بەندەئازادکردن ٠

وە زاناکان فەرموویانە حەزرەت ئەم سیانەی لەبەر ئیهتیمام جیاکردوەتەوە ئەنا هەموو حەڵ‌و عەقدێ هەر وەهایە ، یانی کە بڕیاردران‌و بەدەما هاتن ئەوە هەرچۆن بێ بەتەواو

ئەژمێرڕێن ٠

﴿ و اذْكُروا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ ﴾ :

ناوی نیعمەتەکانی خودا ببەن کە پێی‌داون بۆ ئەوە کە سوپاسی خودا بکەن لەسەریان ٠ وە ئەو نیعمەتانە وەکو لەشساغی‌و ، هۆشیاری‌و ، رزق‌و رۆزی‌و ، رزگاربوون لە تاریکستانی خودانەناسی‌و بت‌پەرستی ٠ وە یاخود باسی ئەو نیعمەتەگەورەی خودایە بکەن کە دیارە لەلاتان وەکو رەوانەکردنی حەزرەتی محەمەد (د)و کردنی بەهۆی رەحمەت بۆتان ٠

﴿ وَما أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنَ الكِتابِ وَالحِكْمَةِ ﴾ :

وە باسی ئەوە بکەن کە خودا ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەرتان لە ئایاتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمەری نازدار کە بوون بە هۆی ئەوە لە تاریکستانی نەزانین دەرچن بۆ رووناکی زانست‌و بیرو باوەڕی راست‌و ڕەوان وە پیرۆزی هەردوو دنیایان پێ‌وەربگرن ٠

﴿ يَعِظُكُمْ بِهِ ﴾ :

خودا ئامۆژگاریتان ئەکا بەو قورئان‌و فەرموودەی رەهبەرە ٠

﴿ و اتَّقُوا اللهَ ﴾ :

لە خودا بترسن ٠

﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيىءٍ عَلِيمٌ ﴾ : (٢٣١)

وه بزانن كه خـــوداى تـــه‌عالا به‌هه‌موو وتارو كرده‌وه‌و خه‌يالاَتێكى ده‌روونتان زانايه‌و هيچى لێ ون نابێ ٠
زاناكان فه‌رموويانه : ئه‌مه كه قورئان هاتووه‌تـه خواره‌وه

دياره . وه ئه‌مه‌يش كـــه بلێـــين فه‌رمووده‌ى پێغه‌مه‌ريش (د) هاتووه‌ته خواره‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌يه كه له‌سه‌ر فه‌رمانى خـــودا پێويسته بكه‌وينه دووى به‌ياناتى حه‌زره‌ت‌و ره‌فتاريان پێ بكه‌ين٠

فه‌رمووده‌ى خوداى ته‌عالا : (واذا طلقتم النساء ٠٠ الاية)

ريوايه‌ت‌كراوه له مه‌عقه‌لى كورِى يه‌سار ، يا كورِى سينان ، كه خوشكێكى بوو ماره‌ى‌برِى بۆ ئامۆزايه‌كى خۆى‌و له پاشـــان ته‌لاَقى داو باسى نه‌كرد هه‌تا عيدده‌ى ته‌واو بوو ، جا خه‌ڵكـــى داوايان كرد ماره‌ى بكه‌ن‌و مێرده‌كه‌يشى په‌شيمانه‌وه بوو لـــه ته‌لاَقه‌كه‌ى‌و داواى كرد ماره‌ى بكاته‌وه‌و مه‌عقه‌ل سوێندى خوارد جارێكى تر بۆى ماره‌نه‌كاته‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـــا ژنه‌كه‌ى حه‌زى ئه‌كرد بگه‌رِێته‌وه بۆ لاى ٠٠٠ جـــا ئـــه‌م ئايه‌تـــه نازڵ‌بوو فه‌رمووى :

﴿ و إذا طَلَّقْتُمُ النِّساء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ ﴾ :
كاتێ ژنه‌كانتان ته‌لاَق‌داو مانه‌وه هه‌تا گه‌يشتن به‌دوايـــى ماوه‌ى عيدده‌يان ٠

﴿ فَلا تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنْكِحْنَ أَزْواجَهُنَّ ﴾:
مه‌نعيان مه‌كه‌ن ـ ئه‌ى حه‌قدارانى ئه‌و ژنانه ـ له‌وه كـــه شووبكه‌نه‌وه به مێرده‌كانيان ٠

﴿ إِذا تَراضَوْا بَيْنَهُمْ بِالمَعْروفِ ﴾ :

كاتێ کە لەیەك رازیببن بە یاسای دین ٠

﴿ ذلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كان مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ ﴾ :

ئەم فەرمانە ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێئەکرێ لە ئێوە کە ئیمانیان هەیە بەخوداو بە رۆژی قیامەت ؛ چونکی کەسێ کە باوەڕی نەبێ بە فەرمانێو بە ئەنجامی ئەو فەرمانە ئامۆژگاری کردنی بێسوودە ٠

﴿ ذَلِكُمْ أزْكى لَكُمْ وَأَطْهَرُ ﴾ :

ئەم یاسایە بەسوودترە بۆ ئێوەو پاکترە لە چڵکی تاوانباری٠

﴿ وَاللهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ ﴾(٢٣٢)

خودای تەعالا زانایە بەوەی کە سوودی دنیاو قیامەتی تێدایەو ئێوە زانانین ٠ وە پێویستە بۆ نەزان لەسەر فەرمانی زانا رەفتار بکا ٠

جا کاتێ کە مەعقەل ئەم ئایەتەی بیست وتی : (سمعا لربي وطاعة) و وتی بە ئامۆزاکەی : خوشکەکەم مارەئەکەمەوە بۆتو ئیکرامیشت ئەکرم ٠ مەعقەل ئەڵێ : ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵبوو ، وە کەفارەتی سوێندەکەم داو بۆم مارەکردەوە ٠ ئەمە ئیمامی بوخاریو ئەبوداوودو ترمذی ریوایەتیان کردووە ٠

بزانن ! لە سەر ئەم تەقریرە خیطابی (فلا تعضلوهن) بۆ حەقداری ژنەکانەو هەڵئەگرێ ئەو خیطابە بۆ نەفسی مێردەکان

بێ کە تەڵاقی ژنەکانیان داوە • وە لەبەر ئەوە کە خاوەن‌دەست بوون مەنعی ژنە تەڵاقدراوەکانیان کردووە لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێن •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەم غەدرە مەکەن ! مادام تەڵاقتان داون‌و عیددەیان تەواو بووەو لەناو خۆتانا ناکەونەوە یەك مەنعیان مەکەن لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێ شوویان پێ بکەن •

وە لە پاش باسی ئەحکامی تەڵاق باسی حوکمی ئەو ژنە تەڵاقدراوانە ئەکا کە لە مێردیان جیابوونەتەوەو منداڵیشیان لەو مێردانە هەیەو گومانی ئەوە ئەبرێ ئەو ژنانە لەبەر دوژمنایەتی مێردەکانیان منداڵەکان تەرك‌بکەن‌و شیریان پێ نەدەن • وە ئەفەرموێت :

﴿ وَالْوالِداتُ يُرْضِعْنَ أَوْلادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كامِلَيْنِ لِمَنْ أرادَ أنْ يُتِمَّ الرَّضاعَةَ ﴾ :

ئەو ژنانە کە دایکی منداڵن‌و تەڵاقدراون واجبە لەسەریان شیر بدەن بە منداڵەکانیان ئەگەر کەس نەبێ شیریان پێ بدا ، وە یا منداڵەکان مەمکی ژنی تر نەگرن ، یاخود ژنی تر ببێ بەڵام گومانی زایەبوونی منداڵەکانیان لێ بکرێ ، وە یاخود لە کاتێکا باوك‌و حەقداری منداڵەکان لات بن‌و تەوانایان نەبێ دایەنێکی تر بگرن بۆ منداڵەکانیان • ئەم تەفسیرە لەسەر ئەساسی ئەوە کە ئەم جوملە ئیخبارییە لە جێگەی جوملەی ئینشائییەدا بێ وە ئەمر بێ بە دایکەکانیان شیریان پێ‌بدەن• وە ئەگەر هەر لەسەر ئیخبار بێ ئەوە ئەبێ بە ئیخبار لە ژنەکان بەوە کە شیر ئەدەن بە

منداڵەکانیان هەرچەن وجووب روو بکاتە باوکی منداڵەکان لە کاتێکا دایکەکەیان بەخۆڕایی شیربدا ، وە یا بە کەمتر لە ئوجرەی عادەتی رازی بێ . وە یا هەر داوای ئوجرەی عادەتی بکا ، وە غەیری ئەو بەو ئوجرە رازی ببێ یا داوای زیاتر لە ئوجرەی عادەتی بکا بۆ ئەوەی منداڵەکان بدەن بە دایکیان · وە ئەمما بڕیاری ماوەی شیردانەکەیان بە دوو ساڵ ئەوە لەسەر شێوەی وجووب نیە لەبەر دوو شت : یەکەم لەبەر جوملەی (لمن أراد أن یتم الرضاعة) واتە ئەم دوو ساڵە بۆ ئەو باوکانەیە یا بۆ ئەو باوكو دایکانەیە خواستیان لەسەر تەواوکردنی ماوەی شیردانە بە منداڵ · لەبەر ئەوە کە واجب بوون نابەسترێ بە خواستەوە ·

دووەم : لەبەر ئایەتی : (وان ارادا فصالا عن تراض) کە زاهیرە لەوەدا مادام ئەو دایكو باوکە ویستیان لە کەمتر لە دوو ساڵ منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە ئەوە دروستە بۆیان · کەوابوو غایە لە ناوبردنی دوو ساڵدا قەطعی نیزاعە · واتە ئەگەر ژنەکەو پیاوەکە لە ماوەی شیرپێدانی منداڵەکەدا نەکەوتنە یەك ئەوە شەرع ئەو نیزاعە ئەبڕێتەوە بە ئیعتباری ماوەی دوو ساڵ·

﴿ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ :

وە واجبە لەسەر ئەو باوکە کە منداڵەکە بۆ قازانجی ئەو لەدایك بووە رزقو رۆزی ئەو ژنە شیردەرانەو بەرگو پۆشاکیان پێبدەن بە یاسای شەرعیو لەسەر عادەتی موسوڵمانانی ئەو شوێنە بۆ ئەوە کە ببێ بە ئوجرەی ئەو ژنە تەڵاقدراوانە هەتا

به تێری‌و پۆشته‌یی‌و خاوه‌ن‌شیری بتوانن شیر بده‌ن به منداڵه‌کانیان • به کورتی وه‌کو زه‌مانی پێشوو که له‌ژێر نیکاحی پیاوه‌کاندا بوون وه‌ها نه‌فه‌قه وه‌ربگرن تا منداڵه‌کان به خۆشی به‌خێوبکه‌ن . وه ئه‌گه‌ر وا هه‌ڵکه‌وت ئوجره زیاتر بوو له ئه‌ندازه‌ی نه‌فه‌قه یا که‌متر بوو ئه‌وه ئه‌و قه‌ضییه حه‌واڵه ئه‌کرێ به ئیتتیفاقی خۆیان ، وه ئه‌گه‌ر نیزاعیان که‌وته‌ناو قازی ده‌فعی ئه‌کا به نه‌وعێ که ئه‌و پیاوو ژنه که‌سیان مه‌غدوور نه‌بن‌و منداڵه‌کانیش باش په‌روه‌رده ببن •

﴿ لا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا ﴾ :

له‌لایه‌نی خودای ته‌عالاوه داوا ناکرێ له هیچ نه‌فسێ ئیللا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه که‌وا له ته‌وانایا ؛ ده‌وڵه‌مه‌ند به‌پێی خۆی‌و گه‌دا به‌پێی خۆی •

﴿ لا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ ﴾ :

قیرائه‌تی (حفص) له‌سه‌ر فه‌تحه‌ی (ر)ه‌که‌یه له‌گه‌ڵ گرتنیا، جا له‌سه‌ر ئه‌م قیرائه‌ته ئینشایه یانی : با زیان نه‌درێ له دایکی ئه‌و منداڵانه به‌هۆی منداڵه‌کانیانه‌وه ، به‌م نه‌وعه زۆریان لێ‌بکرێ له خزمه‌تکردنی خاریج له‌عاده‌ت • وه زیان نه‌درێ له باوکی منداڵه‌که به‌هۆی ئه‌و منداڵه‌وه ، به‌م شێوه ژنه‌کان داوای زیاده‌مه‌سرفیان لێ‌بکه‌ن •

وه خوێنراویشه‌ته‌وه به بۆری (ر)ه‌که له‌گه‌ڵ ته‌شدیدا وه له‌سه‌ر ئه‌م قیرائه‌ته ئیخباره • واته : دایکی منداڵه‌که زیان

ناگەیەنێ بە منداڵەکەی لە شیرپێدان و خزمەتکردنیا ، وە باوکی منداڵەکەیش زیان نادا لە منداڵەکەی بە ئیهمالکردنی خزمەتی دایکەکەی ، وە یا بە نەدانی مەسرەفی منداڵەکە ٠

﴿ وَعَلَى الوَارِثِ مِثْلُ ذلِكَ ﴾ :

وە واجبە لەسەر میراتبەری ئەو خاوەن منداڵە ، وەکو باوکی باوکی ، یا کوڕی ئەو باوکە ٠٠ وێنەی ئەوە کە واجبە لەسەر باوکەکە ٠ وە بازێ فەرموویانە : مەبەس لە واریشی خاوەن منداڵەکە نەفسی منداڵەکە خۆیەتی ، وە مەعنای وایە ئەگەر خۆی ماڵی هەبوو لە ماڵی خۆی مەسرەف ئەکرێ بۆ خۆی وە بۆ دایکەکەی کە شیری پێ ئەدا ٠ وە بازێ ئەڵێن : مەبەس لە واریث ئەو کەسەیە یە لەپاش باوك و دایکەکە ئەمێنن ٠ واتە ئەگەر باوکەکە مرد لەسەر دایکە مەسرەفی منداڵەکە ، وە ئەگەر دایکەکە نەما واجبە لەسەر باوکەکە دایەن بگرێ بۆ منداڵەکە ٠

﴿ فَإِنْ أَرادا فِصالاً عَنْ تَراضٍ مِنْهُما وَتَشاوُرٍ فَلا جُناحَ عَلَيْهِما ﴾ :

وە ئەگەر باوکی منداڵ و دایکەکەی ویستیان لەپێش تەواوبوونی دوو ساڵەکەدا منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە بە دڵخوازی هەردوو لایان لەسەر ئەساسی راوێژ و خێرخواهی ئەوە تاوانیان لەسەر نیە ، مادام زیانی منداڵەکەی تیا نیە ٠

﴿ وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلادَكُمْ ﴾:

وە ئەگەر ویستتان کە دایەن بگرن بۆ منداڵەکانتان ٠

﴿ فَلا جُناحَ عَلَيْكُمْ إِذا سَلَّمْتُمْ ما آتَيْتُمْ بِالمَعْرُوفِ ﴾ :

ئەوە گوناحتان لەسەر نیە کاتێ ئەو ئوجرەی دایەنە کە ئەتانەوێ پێی بدەن لە وەختی خۆیا تەسلیمی بکەن بە شێوەیەکی جوان بە نەوعێ ئەو دایەنە ئومێدەوار ببێ بە پیاوەتی ئێوەو خزمەتی منداڵەکەتان بەدڵ بەجێ بێنێ ٠

﴿ واتَّقُوا اللهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ (٢٣٣)

جا لە خودا بترسن لە بەجێهێنانی ئەم یاسادا کە باسمانکرد، وە باوەڕتان وابێ کە خودای تەعالا چاوی وا لە کردەوەکانتانەوە ٠

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم موفەسسیرەکان بەزۆری بیریان لەسەر ئەوەیە کە مەبەس لە : (والدات) لە ئایەتی : (والوالدات یرضعن) دا عامە بۆ دایکێ کە تەڵاقدرابێو دایکێ لە ژێر نیکاحی باوکی منداڵەکەدا مابێ ٠ ئەم مەعنایە ئەگەرچی بە نیسبەتی ژنی تەڵاقدراوەوە رووناك بێ ٠٠ بۆ ژنێ کە تەڵاقنەدرابێ تاریکە ؛ چونکی ئەو ژنانە شیریش نەدەن بە منداڵەکانیان نەفەقەیان بە هەموو جۆرێ واجبە لەسەر مێردەکانیان ، کەوابێ ئەو رزقو کیسوەتە ئەگەر ئەیکەی بە ئوجرەی شیرپێدانیان مەعقوول نیە؛ چونکی بەبێ شیرپێدان واجبە . وە ئەگەر نایکەی بە ئوجرە ئەوە

باسی ئوجرەی دایکەکان نیە لە ئایەتەکەدا ٠

بۆیە قورطوبی لە تەفسیرەکەیاو ، گەلێ ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوەن کە مەبەس لە (والدات) تەلآقدراوەکانە ٠ وە دەلیلیان هێناوەتەوە بە چەن دەلیلو حوجەتی مەعقوول :

یەکەم : ئایەتەپێشووەکان باسی ژنی تەلآقدراوو ئەحکامی تەلآقیان ئەکەن ٠ کەوابێ موناسبوایە ئەم والیداتەیش لە تەلآقدراوەکان بن ٠

دووەم : خودا بەهۆی شیردانیان بە منداڵەکان واجبی کردووە کە پیاوەکان رزقو پۆشاکیان پێبدەن ، وە ئەمە هەر بۆ ژنی تەلآقدراو دەستئەدا ؛ چونکی ژنێ کە لەژێر نیکاحو عیصمەتی کابرادا بێ شیر بداو نەیدا نەفەقەی هەر واجبە ٠

سێهەم : ئەمە کە ژنی تەلآقدراو گومان ئەبرێ موبالات بە منداڵەکەی نەکات لە داخی کابرای مێردی کە تەلآقی داوە . جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : نابێ ئەو ژنە وەهابێو پێویستە ئاوڕبداتەوە بەلای منداڵەکەیاو شیری پێ بدا ، هەروا واجبە باوکی ئەو منداڵەیش نەفەقەی ژنەکە بدات وەکو سابیق لە ئوجرەی ئەم شیرپێدانو خزمەتی منداڵەدا ٠

چوارەم : لە عیبارەتی (وعلى المولود له) وە دەرئەکەوێ کە ئەم ژنانە تەلآقدراوەکانن ؛ چونکی ــ ئەگەرچی نەسەب بەسراوە بە باوکەوەو بۆ دایك نیەــئەگەر باوكو دایك بەیەکەوە بنو منداڵ لای خۆیانا بێ ئەوە منداڵەکە بۆ هەردوولایانە ، بەلآم ئەگەر دایکی منداڵ جیابووەوە لە باوکەکەی ئەوە لە

ئەنجاما کوڕەکە یا کچەکە ئەگەڕێتـــــەوە بۆ لای باوکەکەیو قازانجی هەر بۆ ئەو ئەبێو خێری بۆ دایکەکەی یا نابێ یا زۆر کەم ئەبێ ٠

پێنجەم : عیبارەتی (لا تضار والدة بولدها ولا مولود لـــه بولده) : موناسبی پیاوو ژنێکە کـــە عەلاقەی ژنو مێردییان لە بەینا نەمابێ ؛ چونکی ئەو زیانگەیاندن بەیەکترە ، وە یا ئـــەو زیانگەیاندن بەمنداڵە لە کاتی دۆستیو ڕێکی باوكو دایکەکەدا زۆر دوورە ، بەڵکو هەر بۆ کاتی جیابوونەوەیانە بە تەڵاق ، وە لەو کاتا یا کابرا زیان بدا لە ژنەکە یا لە منداڵەکە ، وە یا ژنەکە زیان بدا لە کابرا یا لە منداڵەکەی وەکو دیارە بۆ یەکێ بـــــە ئینصاف بڕوانێ ٠

جا ئەگەر یەکێ بڵێت : کەوابێ حوکمی شیردانی ژنێ کـــە تەڵاق نەدرابێ لە ئایەتا نامێنێو ئەوەیش پێویستە ٠٠ ئەڵێم : مادام خودا حوکمی ژنی تەڵاقدراوی باسکرد لە هۆی شیردان بە منداڵەکەیەوە لەگەڵ دوژمنایەتی لەگەڵ مێـــردە پێشووەکەیـــاو بڕیاری دا پێویستە شیریان پێبدەن ـ حوکمی ژنی تەڵاقنەدراو لەگەڵ مێردەکەیا بەرابەر بە منداڵەکە مەعلووم ئەبێ بە (قیاس الاولی) ؛ چونکی لە جێگەیێ واجب بێ کە ژنـــــی تەڵاقدراو ئیهمالی منداڵەکەی نەکاو شیری پێبداو کابرایش نەفەقـــــەی پێبدا ٠٠ دەرئەکەوێ واجبە لەسەر پیاوو ژنێ ڕێكبنو پێکەوە بن کە ئیهمالی تەربییەی منداڵەکەیان نەکەن ؛ خواه دایکـــــی منداڵەکە بەخۆڕایی شیر بدا بە منداڵەکەی یاخود بە ئوجرە بێ٠

وەکو ئیمامی شافیعی ڕەوای‌داوە ئوجرە بدرێ بە دایکی منداڵەکە بۆ شیرپێدانی ٠

باسی دووەم ئەمەیە : لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە حەقی (حەضانە)و تەربیەکردنی منداڵ بۆ دایکەکەیەتی ، هەرچەن تەڵاقیش‌درابێ ، مادام شوو نەکا بە بێگانە وەکو لە دەلیلی تر دەرئەکەوێ ٠ وە ئەم حەقی حەضانەیە لە مەذهەبی شافیعیدا ئەوەندەیە هەتا منداڵەکە ئەگاتە کاتی تەمییزو زانستی سوودو زیانی خۆی ، لەو کاتەدا خاترخۆ ئەکرێ ئاخۆ کامیان ئیختییار ئەکا لە باوك‌و دایك ، وە لەسەر ئیختیاری خۆی موعامەلەی لەگەڵدا ئەکرێ‌و حەقی حەضانە بۆ ژنان موناسبترە ؛ چونکی ئەوان باش ئەزانن‌و ئەتوانن منداڵی بێ‌تەمییز بەخێو بکەن ٠

جا باشتریان دایکی منداڵەکەیە ، ئەمجار دایکەکانی ئەو دایکە کە بە هۆی ژنەکەوە بگەن پێی ، نزیك لە پێش دوورەوە ٠ وە (هکذا) ٠ پاش ئەوان دایکی باوك ، جا ئەو دایکانەی کە بە هۆی ژنەوە پێی ئەگەن ، جا دایکی باوکی دایك ٠ جا دایکی باوکی باپیرە ٠ وە خوشك پێش‌ئەخرێ لە پوورێ لە دایکەوە بێ، ئەم پوورە پێش ئەخرێ لەسەر کچی براو کچی خوشك وە برازاو خوشکەزایێ کچ‌بن پێش ئەخرێن لەسەر پوور لە لایەنی باوکەوە ٠ وە خوشکی باوك‌و دایکی لەسەر خوشکێ کە لە یەك لاوە بێ ، وە خوشکی باوکی پێش ئەخرێ لەسەر خوشکی دایکی٠

وە هەرچۆن حەقی حەضانە بۆ ژنان هەیە بۆ پیاوانیش هەیە ؛ جا ئەگەر ژن‌و پیاو کەوتنە یەك ئەوە لە پێشدا حەق بۆ

دایکی منداڵەکەیە ئەمجار بۆ دایکی دایکی • پاش ئەوان بـــۆ باوکی منداڵەکەیە •

ئەگەر ئەصڵو حاشیە کەوتنەیەك ئەوە ئەسڵ وەکو باوکی منداڵەکە یا وەکو دایکی پێش ئەخرێ لەسەر خزمی حاشـــیەو تەنیشت وەکو براو خوشکی ئەو منداڵە • ئەگەر ئەســـڵ لـــە مەیداندا نەبوو ئەوجار خزمی تەنشیت ئەبێ بە پەروەردەکەری ئەو منداڵە ، وە نزیك پێش دوور ئەکەوێ • وە ئامۆزایش حەقی حەضانەی هەیە ، بەڵام کچێ لە پایەی ئارەزوودا بـــێ نادرێ بەخۆی بەڵکو ئەدرێتە دەستی ژنێکی متمانەپێکراو کە ئەو هەڵی بژێرێ •

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی عیددەی تەڵاقـــی کردو بە شوێن ئەوا باسی شیردانی منداڵی کرد •• هات باسی عیددەی ژنی مێردمردووی کرد ، مەبادا کەسێ گومان ببا کـــە عیددەی ئەمیش وەکو عیددەی تەڵاق وایە وە فەرمووی :

﴿ وَالَّذِيـــنَ يُتَوَفَّـــوْنَ مِنْكُـــمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً ﴾ :

ئەو پیاوە موسوڵمانانە کە ئەمرنو ژنەکانیان لە پاش خۆیان بەجێ ئەهێڵن •

﴿ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَـــةَ أَشْـــهُرٍ وَعَشْراً ﴾ :

واجبە ئەو ژنانە خۆیان رابگرن لە شووکردن لە پاش مردنی مێردەکانیان تا ماوەی چوار مانگو دە شەو •

وە هۆی ئەم تەقدیرە ئەمەیە کە : منداڵ لە سکی ژنا لــە ئاخری سێ مانگدا ئەجووڵێ ئەگەر نێرینە بێ ، وە لە ئاخـری چوار مانگدا ئەگەر مێیینە بێ ، جا ئیعتیباری ماوە زۆرەکەیـان کراوە لەبەر ریعایەتی هەردوو صینفەکە . وە دە شەوی تریش عەلاوە کراوە لەبەر ئیحتیاط ؛ چونکی وا ئەبێ لە پاش ئــەو ماوە بەگورجی منداڵەکە ناجووڵێ هەتا چەن رۆژێ .

وە ئەم ئایەتە بەزاهیر عامە بۆ ژنێ کە سکی نەبێ وە ژنێ سکی ببێ ، بەڵام ژنێ سکی ببێ دەرکراوە لە عموومی ئـــەم ئایەتە بە ئایەتی : (وأولات الاحمال أجهلن أن یضعن حملهن): واتە : ئەو ژنانە کە خاوەن حەملن عیددەیان بەمەیە کــە سکەکەیان دابنێن .

﴿ فَاِذا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلا جُناحَ عَلَيْكُمْ فـی ما فَعَلْنَ في أَنْفُسِهِنَّ بِالمَعْرُوفِ ﴾ :

واتە جا کاتێ ئەو ژنانـــە گەیشتن بـــە دوایـــی ماوەی عیددەکەیان ئەوە لەو کاتەدا گوناح نیە لەسەر ئێوە ، ئەی خاوەن فەرمانەکان،کەوازبێنن لەو ژنانە لە کردنی هەر شتێکا بۆ خۆیان ئەیکەن لەوانە کە لە ماوەی عیددەدا مەنعکراوە لێیان بـــەم شەرتە بە یاسای شەرع بێو لە دەستووری دامەزراو دەرنەچن .

واتە : ئەو ژنانە لە ماوەی عیددەدا نابێ بەبێ عـــوزر خانووی نیشتمانی خۆیان بەجێبێڵن ، وە واجبە لەسەریان تەرکی هەموو زینەتکاریو خۆجوانکردن بکەن لە ماوەی عیددەدا لــە پۆشاکا ، وە بەکارهێنانی بێنخۆشیو خشڵی جوانی ژنانەنـــەو

سەروموو لەخەنەگرتن ... لەبەر ئەوە ئەم جۆرە وەزعانە ئەبن بەهۆی بانگکردنی ئەوانەی تالیبی خوازبێنین ، جا مەنـــعکراوە لەمانە لەبەر مەنعی وەسیلەی فیتنـــەی دینـــیو ئاشووبـــی کۆمەڵایەتی .

وە لە بوخاریو موسلیمدا ریوایەتکراوە لە (ام عطیة)وە کە : حەزرەت (د) فەرموویەتی : دروست نیە هیچ ژنێ تەعزییە بگرێ لەسەر مردوو لە سێ رۆژ زیاتر ئیللا لەسەر مێردی خۆی ، ئەوە تەعزییە ئەگرێو خۆی دوور ئەخاتەوە لە زینەتو لـــــە خۆجوانکردن لە ماوەی چوار مانگو دە شەوو رۆژدا .

﴿ وَاللّٰهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾ (٢٣٤)

واتە : خودا بەڕاستی ئاگاداری ئەوەیە ئێوە ئەیکەن . ئەم جوملە هەڕەشەیە بۆ ئەو فەرماندارانە کە لە چاودێری ئەحکامی دینا بێموبالاتی ئەکەنو واجبی خۆیان بەجێنایەنن .

بزانن ! عیددەی ئەو ژنە کە لە پێش مردنی مێردەکەیـــا تەڵاقدراوە بە تەڵاقی ریجعی وەکو ئەو ژنەیە کە لە نیکاحـــی مێردەکەیا بووە . واتە : ئەگەر حامیلە بـــێ بـــە دانانـــی حەملەکەیەتی ، ئەگەرنا چوار مانگو دە شەوو رۆژە . بـــەڵام ئەگەر تەڵاقەکەی بائین بێ ئەوە لەسەر عیددەی تەڵاقەکـــەی ئەڕوا بە سێ (طوهر) ، وە یا ئەگەر حەیزو پاکی نەبوو بـــە سێ مانگەو بەس .

وە عیددەی مردنی مێردی ژن واجبە لەسەر ژنێ کە نابالغ بێ ، وە یا بالغ بێو حەیزی پیا نەهاتبێ ، یا حەیزی پیا هاتبێو لە کاتی مردنی مێردەکەیا حەیزی بەسەرا بێ ، یاخود گەیشتبێ

به تەمەنی بێحەیزی ... عیددەی هەموو ئەمانـــــە ، مادام حەملیان نەبێ ، چوار مانگ‌و دە ڕۆژەو هەموویان تــــەواوی مارەیی‌و میرات لە ماڵی مێردەکەیان وەرئەگرن •

بەڵێ عیـــددەی جارییەی مێردمردوو دوو مانگ‌و پێنـــچ ڕۆژە ، بەڵام لەم زەمانەدا جارییە نەماوە بەتایبەتی لە وڵاتــــی ئێمەدا •

﴿ و لا جُناحَ عَلَيْكُمْ فِيما عَرَّضْتُم بِهِ مِـــــنْ خِطْبَةِ النِّساءِ ﴾ :

واتە : ئەی موسوڵمانانێ کە خواستی ئەوەتان هەیە ژنـــــی مێردمردوو مارە بکەن هیچ گوناح‌و تاوان نیە لەسەرتان لـــەو خوازبێنییە کە بە شێوەی تەعریض بێ ، واتە بە شێوەیێ بێ بە هۆی موناسەبەی ڕۆژەوە لێی دەربکـــەوێ مانای خوازبێنییە ، وەکو ئەوە بە ژنەکە بڵێ : تۆ ژنێکی باش‌و بەشەرمی‌و ، تـــۆ دانامێنی‌و ، تۆ لە هەر خانەدانێکا ببی ئاوەدانی ئەکەیتەوە ... بەڵام بە قەراری ڕاستی دروست نیە بە ڕووناکی خوازبێنــــی بکەن ، وەکو ئەوە بڵێت : من خواستم هەیە تۆ مارە بکەم ئەگەر تۆ مەیلت ببێ •

﴿ أوْ أكْنَنتُمْ في أنْفُسِكُمْ ﴾ :

هەروا گوناحتان لەسەر نیــــــە لەوەدا کە لە دڵێ خۆتانـــا دای ـ بپوشن ، واتە لە دڵتانا هەبێ مادام خودا بۆتان ڕێك‌بخـــا ئەو ژنە مارەبکەن •

﴿ عَلِمَ اللهُ أنَّكُمْ سَتَذْكُرونَهُنَّ ﴾ :

خوا ئەزانێ کە ئێوە ناوی ئەو ژنانە ئەبەن و باسی ئەوە ئەکەن کە ئێوە دڵخوازتانە ئەو ژنە مارەبکەن کەوابو ئەگەر بە شێوەی شەرعی قسە بکەن لەگەڵیانا بە تەعریض قەی ناکا .

﴿ وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا ﴾ :

بەڵام باسی مارەکردن و چوونەلا نەکەن لەگەڵیانا .

﴿ إِلَّا أَن تَقُولُوا قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾ :

بەڵێ مانیع نیە کە لەگەڵیانا قسەیەکی عادەتی شەرعی بکەن .

﴿ وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ ﴾ :

وە بە قەطعی عەزم نەکەن لەسەر مارەبڕین و نیکاحکردنیان هەتا ئەو ماوەی عیددە واجبە ئەگاتە ئاخری و تەواو ئەبێ ؛ چونکی ئەو عەزمە بێ سوودە و موخالیفی شەرعە ، وە بازێ جاریش ئەو عەزمە هەڵتان ئەنێ بۆ مارەکردنی ئەو ژنە لەپێش تەواوبوونی عیددەدا ، وە ئەم عەقدە ناشەرعییە ئەبێ بە هۆی گومانی خراپ بە ئێوە و بە ژنەکان و ئەبێ بە هۆی ئاشووب لەناو موسوڵمانانا و . لە عەینی کاتا عەقدەکەیش بەتاڵە .

﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ ﴾ :

بزانن کە خودای تەعالا ئەزانێ بەو عەزمە نابارانە کەوا لە دڵتانا ، جا خۆتان بپارێزن لێی و ئەو عەزمە مەکەن .

﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ (٢٣٥)

وە بزانن کە خودای تەعالا تاوانبەخش‌و گوناهـپۆش‌و بـە مۆڵەت‌و ئارامە ، ئەگەرنا گەلێ کەس گیرۆدە ئەبوون ٠

﴿ لا جُناحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّساءَ ما لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً ﴾ :

واتە : هیچ داوای ماڵ‌و مارەیی نیە لەسەر ئێوە بۆ ژنەکانتان ئەگەر تەڵاقتان دان ، مادام نەچووبنەلایان ، یانی جیماعتـان لەگەڵ نەکردبن ، یاخود مارەییتان بۆ بڕیار نەدابن ٠

﴿ وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى المُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى المُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتاعاً بِالمَعْرُوفِ حَقّاً عَلَى المُحْسِنِينَ ﴾ (٢٣٦)

بەڵام ئەو ژنانە ئەندازەیێ ماڵیان پێ‌بدەن لەبەر چاری ئەو دڵ‌ئازاری جیابوونەوەیانە ، وە ئەم ماڵە واجبە لەسەر دەوڵەمەند بە ئەندازەی موناسبی خۆی ، وە لەگەڵ ریعایەتی وەختـا ، وە لەسەر نەدارایش بە قەی شانی خۆی بە شێوەیەك شایانی پیاوەتی کابراو شانی ژنەکە بێ ، وە ئەم حەقە بڕیاردراوە لەسەر ئـەو موسوڵمانانە کە شوعووریان هەیە بە چاکەکردن لەگەڵ نەفسی خۆیانا بۆ ئەوە تاوانبار نەبن ، وە لەگەڵ غەیری خۆیانا بۆ ئەوە بە واتەی نابار بریندار نەبن ٠

﴿ وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ ما فَرَضْتُمْ ﴾

وە ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق بدەن لـە پێش ئەوەدا کـە بڕۆنەلایان‌و جیماعیان لەگەڵا بکەن وەلحاڵ لە پێشدا مارەییتان

بۆ بڕیار دابوون : خواه لە عەقدی نیکاحەکەدا یا لە پاش ئـەو نیکاحـەدا ـ وەك نیکاحی مووفەووەضە ـ ئەوە واجبە لەسەرتان نیوەی ئـەو ماڵەیان بدەنێ کە بۆتان بڕیارداون ئیتر حەقـــی موتعەیان نیە ·

﴿ اِلاّ ان ْ یَعْفُون َ اَو ْ یَعْفُو َ الّـَـذِي بِیَـدِهِ عُقْدَة ُ النـّکاح ِ ﴾ :

مەگەر کاتێ ژنەکان ئێوە عەفو بکەن لەو نیوە مارەییـــەو هیچ وەر نەگرن ، وە یاخود ئەو پیاوە کە عوقدەی نیکاحەکەی بە دەستەوەیە ـ کە مێردەکەیەتی ـ ئەو ژنە عەفو بکا لە نیوەمارەیی باقی کە حەقی خۆیەتی · واتە هەموو مارەییەکەی پێبدا ، ئەو کاتە هەموو مارەییەکە وەرئەگرن ·

﴿ وَأَن ْ تَعْفُوا أَقْر َب ُ لِلتَّقْو ی ﴾ :

وە بزانن عەفوکردنی ئێوە لە بەشەکەی خۆتانو تەسلیمی هەموو مارەییەکە بەو ژنانە نزیکترە بە کەرامەتو تەقـــواو موناسبترە بۆ خووو رەوشتی پیاوی باش ·

﴿ و لا تَنْسَو ُا الفَضْل َ بَیْنَکُم ْ ﴾

هەرگیز کەرامەتو بەخشش لە بەینی خۆتانـــا فەرامۆش مەکەنو هەمیشە خواستی دڵتان وابێ کە بەخششتان ببێ بـــە موسوڵمانان ·

﴿ اِن ّ اللهَ بِما تَعْمَلُون َ بَصِیر ٌ ﴾ (٢٣٧)

بە ڕاستی خودای تەعالا بینایە بەو شتانە کە ئێوە ئەیکەنو چاوی لێیانەوەیە ·

درێژەی ئەم باسە ئەمەیە ئەو ژنە کە جیائەبێتەوە لـــــە مێردەکەی بە هۆی مردنی یەکێ لەوانەوە هەموو مارەییەکـــەی ئەکەوێ • وە ئەگەر بە هۆی تەلاقەوە بێ ئەوە : ئەگـــەر ناوی مارەیی بۆ براوەو کابرا چووەتە لای ژنـــەکـــەی ئەوە هەمـــوو مارییەکەی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی شەرعی بێ ، وە هەموو (مهر المثل)ی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی ناشەرعی بووبێ بەم جۆرە ماڵێکی حەرام یا ماڵێکی نامەعلووم بووبێ مەثـــەلا • وە ئەگەر کابرا نەچووەتە لای ئەوە نیوەمارەیی یا نیوەی (مهـــــر المثل)ی ئەکەوێ ، وە ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوەو لە پێش چوونەلایا لە بەینی خۆیانا بڕیاری شتێکیان داوە ئەوەیش ئەگەر ماڵێکی شەرعی بێ نیوەی ئەکەوێ ، وە ئەگەر داشەرعی بـــێ نیوەی (مهر المثل) ی ئەکەوێ • ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوەو لە پێش چوونەلایشا هیچیان بڕیار نەداوە ئەوە ئەگەر کابـــــرا رۆیشتە لای ژنەکەی تەواوی (مهر المثل) ی ئەکەوێ ، وە ئەگەر نەچووبێتە لای ــ وەکوو صوورەتی ئەم ئایەتە پـیرۆزە ــ ئـەوە بەس حەقی مەتاع ئەکەوێتە سەر کابرا ؛ چونکی نە مارەیی بـــۆ دانراوە لە عەقدی نیکاحەکەداو نە بۆی فەرزکراوە لــــە پاش عەقدەکە وە کابرایش نەچووەتە لایو ئیستیفادەی لێ نەکردووە • کەوابێ هەر حەقی موتعەی هەیە •

وە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا ــخــ هەموو بەشەکانی ژنی تەڵاقدراو حەقی موتعەیان هەیە ، ئیللا ئەو بەشە نەبێ کە کابرا نەچووەتە لای ژنەکە لەگەڵ ئەوەدا ژنەکە نیوەمارەیی هەیە ، ئەمە غەیری ئەو نیوەمارەییە حەقی نیە وەکو باسمانکرد •

وە سیرڕی پێویستی حەقی موتعە دەفعی وەحشەتو دڵئازاری

ژنەکەیە لە جیاوەبوونا • وە ئەم حەقە سوننەتە لـــە (٣٠) درەم کەمتر نەبێ ، وە ئەگەر ژنەکە بەوە رازی نەبوو ئەبێ قازی بـە قەی شانو ماڵی بۆی دابنێ •

جا لەبەر ئەوە کە خوای تەعالا گەلێ ئایاتی ئەحکامـــــی نیکاحو ، تەلاقو ، شیردان بەمنداڵو ، عیددەی باسکرد لــــەم کاتەدا گەڕایەوە بۆ سەر باسی نـــوێژ لەبـــەر بێدارکردنەوەی موسوڵمانان بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودای **تەعالاو فەرمووی** :

﴿ حافِظُوا عَلَى الصَّلَوات ِ و َالصَّلاة ِ الو ُسْطـــى و َقُومُوا لله ِ قانِتِين َ ﴾ (٢٣٨)

وە ریوایەتکراوە لە زەیدی کوڕی ئەرقەم (خ) فەرموویەتی: ئێمە لە زەمانی حەزرەتا (د) نوێژمان ئەکردو لەناو نوێژەکـەدا قسەمان لەگەڵ یەکترا ئەکرد ••• جا ئەم ئایەتە نازڵبوو ، وە خودا بەهۆی ئەمربەموحافەزەی نوێژەکانەوەو ئەمر بەوە کـــە راوەستین لەگەڵ دەوامی عیبادەتا مەنعی کردین لە قسەکردن لە نوێژا • (ئەم باسە بوخـــاریو موســـلیمو غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە) •

واتە : ئــــەی **موسوڵمانەکان** ئاگـــاداری هەموو نوێـــژە فەرزەکانتان بکەن ، بە تایبەتی نوێژی مەشهوور بە (الصـــلاة الوسطى) کە نوێژی عەسرە . وە راوەستن لە نوێژەکانتانا لەگەڵ عیبادەتو زیکری خوداداو باسی تر مەخەنە ناو نوێژەکانتان •

بزانن ! ئاگاداری کردنی نوێژ ئەمەیە : موسوڵمان مولاحەزە بکا کەی نوێژی لەسەر واجب ئەبـــێو ، شـــورووتی راستـــی نوێژەکانو ، ئەرکانەکانی چەندنو . بە چی بەتاڵ ئەبێتـــەوەو ، سوننەتەکانی نوێژ چەندێکنو ، بەچی نوێژ ئەگا بە پایـــــەی

گەورەی خۆی‌و خاوەنەکـــەی سوودی دەســتئەکـەوێو ، لە چ کاتێکاو ، لە چ شوێنێکاو ، لەگـــەڵ کێـدا نوێژ بکـا ··· وە (بالفعل) ئەمانە بەجێ‌بێنێ ·

جا بزانن شەرتی واجب‌بوونی نوێژ سێ شتە : ئیسلامییەت‌و، بلووغ‌و ، عەقڵ · ئەمانە حەددی تەکلیفی خودان ·

وە شرووتی نوێژ پێنجن : پاکی لەشی ئینسان لە پیســــی‌و بێ‌دەسنوێژی‌و لەشپیسی ، وە داپۆشینی عەورەت ــ واتە : بەینی ناوك‌و ئەژنۆی نێرینەو هەموو لەشی مێیینە ئیللا هەردوو دەست‌و روخساری ــ بە پۆشاکێکی پاکی وا کە عەورەتەکەی پێ ون‌ببـێ لەبەر چاودا ، وە راوەستان لەسەر شوێنێکی پاك ، وە باوەڕکردن بە هاتنی کاتی کردنی نوێژەکان ، وە رووکردن لە (كعبة الله) لە هەموو نوێژەکەدا ·

وە ئەرکانی نوێژ هەژدەیە : نییەت‌هێنان بەدڵ بۆ کردنـــی فەرزی نوێژی ئەو وەختە لە کاتی (الله اکبر) کردنی دابەستنی نوێژەکە بەرەوڕووی کابەی پیرۆز وە لەگەڵ راوەستان بۆ یەکێ تەواناى هەبێ هەتا سوورەتی فاتیحە تەواو ئەکا لە (بســم الله الرحمن الرحیم)ەوە هەتا (ئامین) · وە روکووع بردن وەهـــا هەردوو بەری دەستی بگەنە ئەژنۆکانی لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا وە ئیعتیدال ، یانی بەرزەوەبوون بۆ راوەستان لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا · وە دوو سوجدە لەسەر حەوت ئەعزای لەشــــی : هەردوو ئەژنۆی بە داپۆشراوی‌و ، تەوێڵی بە رووتی ، هەردوو بــــەری دەستی‌و ، سنگی‌و هەردوو پێکانی‌و بازێ لە پەنجەکانی ؛ خـــواه ئەمانە رووت بن یا داپۆشراو بن · وە ئارامگرتن لـــەم دوو

سوجدەداو دانیشتن لە بەینی ئەم دوو سوجدەدا لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا • وە خوێندنی تەحیاتی ئاخری نوێژ بە دانیشتنەوەو سەڵاواتدان لە حەزرەت (د) • وە ریزی ئەم ئەرکانانە کە باسمان کردن • وە سەلامدانەوەی یەکەم •

وە ئەو شتانەیش کە نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە یازدەن : قسەکردن بە قەستی • وە کردەوەی زۆر ، یانی سێجار جووڵانەوەی تەواوی دەست (مەسەلا) • وە روودانی بێ دەسنوێژی یا لەشپیسی • یا هاتنی پیسی‌یەك کە عەفوی لێ نەدرابێ بۆ سەر لەشت یا پوشاکت• وە دەرکەوتنی عەورەتو مانەوەی بەو حاڵە • وە خواردنو خواردنەوەو پێکەنین بە شێوەی (قاقا) • وە پشت‌کردن لە قیبلەو • لەدین‌وەرگەڕانەوە ــ پەنا بە خودا ــ •

وە سوننەتەکانی نوێژ لە پێش نوێژەکەدا : بانگ‌دان ، وە قامەت‌کردن ، وە سیواك‌کردن ••• وە لە پاش دابەستنی نوێژەکە: (توجه) کردن ؛ یانی خوێندنی (وجهت وجهي) تا ئاخری وەکو مەشهوورە • وە (تەعوذ)کردن . یانی خوێندنی (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) لە پێش فاتیحەدا • دانانی دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە ژێری سینەوە لە ژوور ناوکەوە • وە خوێندنی سوورەتێ لە پاش فاتیحە • وە ئامین‌کردن لە پاش فاتیحە • وە خوێندنی (قونووت) لە ئیعتیدالی رکاتی دووهەمی نوێژی سبەینێدا بە دەوامو لە ئیعتیدالی رکاتی ئاخری نوێژی (وتر) دا لە نیوەی دوایی مانگی رەمەزاندا • وە خوێندنی تەحیاتی ئەووەڵ لەو نوێژانەدا کە دوو تەحیاتیان تیا هەیە • وە سەڵاواتدان لەسەر حەزرەت (د) لە ئاخری قونووتو ئاخری

ئەم تەحییاتەدا • وە (الله أكبر) كردن لە كاتی دانەویندا بـــۆ روكووعو بـــۆ سوجدەكانو كاتـــی سەربەرزكردنەوە لـــە سوجدەكاندا • وە تەسبیحات لە روكووعداو لە سوجدەكانا • وە (سمع الله لمن حمده) لە ئیعتیدالا وە ســـەلامدانەوەی دووەمو بەرزكردنەوەی هەردوو دەست بۆ موقابیلی سەرشان لە كاتـــی (الله أكبر) كردنی ئەووەڵو دانەوین بۆ روكووعو سوجدەكانو كاتی بەرزەوەبوون لەوانا ، وە سەڵاوات لەسەر ئال لە تەحییاتی ئاخرا • وە دانانی هەردوو دەست لەسەر هەردوو ران لە دانیشتنا بۆ خوێندنی (تحیات) ، بەڵام دەستی چەپی بكاتەوەو دەســـتی راستی بقونجێنێ ئیللا پەنجەی شادەت ئەوە لەكاتی(لا الهالاالله)دا بەرزی بكاتەوە ئیتر نەیجووڵێنێو سەری ئەو پەنجەیە رووبكاتە رانی لەپاش تەواوكردنی شادەتەكەی • وە لە هەموو دانیشتنەكانی نوێژا ئیفتیراش بكا ؛ بەم جۆرە دابنێشێ لەسەر پێیی چەپـــیو پشتی ئەو پێیە رووله عەرز بێ وە پێی راستی هەڵبنێو ســـەری پەنجەكانی بەرەوقیبلە بن • بـــەڵام لـــە دانیشتنی ئاخـــرا (تەوەڕوك) بكا ؛ واتە لەسەر ولمەی رانی دابنیشێو پێـــی چەپی لەلای راستەوە دەربكاو سەلامی دووەمیش بداتەوە ••• وە درێژەی ئادابی نوێژ پێویستە بـــە پرسیار لـــە زانای نـــاو موسوڵمانان •

وە سوودی نوێژ وا لەوەدا ئینسان بە خوشووعو حوضوورەوە نوێژ بكا ، واتە هەموو ئەعزای لەشی ئارام بـنو دڵی لـــە لای مەعنای نوێژەكەی بـێو باوەڕی وابێ كـــە لـــە حوزووری خودادایە • وە كاتی گەورەیی نوێژ ئەووەڵی وەختە پاش ئـەوە

که بەڕاستی کاتی نوێژ داهات • وە نوێژەکەی لە مزگەوتا بکا ، وە بە جەماعەت بێ لەپشتی ئیمامێکی شەرعزانو رەفتار لەسەر سوننەتی پێغەممەرەوە (د) بەجێی بێنێ •

جا با بزانین مەبەس لە (الصلاة الوسطى) کام نوێژە لەم پێنج فەرزە ؟ زاناکان لە دیاریکردنی ئەم نوێژەدا دە وتاریـــان فەرمووە :

یەکەم : ئەو نوێژە نوێژی نیوەڕۆیە لەبەر ئەوە وا لــــە ناوەڕاستی رۆژا • بینا لەسەر ئەوە لە بەرەبەیانەوە حسێبـــی رۆژ بکەی نەك لە هەتاوکەوتنەوە • وە زەیدی کـــوڕی ثابتو ئەبوو سەعیدی خدریو عەبدوڵلای کوڕی عومەرو (أم المؤمنين) عائیشە ـخـ لەسەر ئەم بیرەن •

وە سیرڕەکەیشـی ئەمەیە کـــە نوێژی نیوەڕۆ لەکاتـــی شیددەتی گەرمادا بووەو زۆر گران بووە لەسەر ئەصحابەکان ؛ چونکی حەزرەت (د) لـــــە گەرمای نیوەڕۆدا نوێژی نیوەڕۆی ئەکردو هیچ نوێژێ ئەوەندە لەسەر شانیان گران نەبوو • جـا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (حافظوا على الصـــلوات والصـــلاة الوسطى) الآية . وە ئیمامی مالیك لە کتێبی (موطأ) دا ریوایەتی کردووە لە زەیدی کوڕی ثابت (الصلوة الوسطى صلوة الظهر) •

دووەم ئەمەیە کە : نوێژی عەسرە ؛ چونکی دوو نوێـــژی رۆژی لە پێشایەو دوو نوێژی شەو ، وە لەو کەسانەیە لەسەر ئەم

فەرموودەیە : عەلیو ئیبنو عەبباسو ئەبو هورەیرە • وە ئـەم قسە ئیختیاری ئیمامی ئەبو حەنیفـــــەو رەفیقەکانیەتی • وە ئیمامی شافیعیو زورمەی ئەهلی نەقڵ لەسەر ئەم فـەرموودەن • بەڵکو جومهوور بیریان وەهایە •

سێهەم ئەمەیە کە : ئەو نوێژە نوێـژی مەغریبـــە • وە ئیستیدلالیان کردووە بەمە کە مەغریب لە ژمارەی رکاتەکانیـــا میانەیە ؛ نە کەمە وەکو نوێژی سبەینێ • نە زۆریشە وەکـــو نوێژی عیشا • وە لە سەفەرا کورتناکرێتەوە ، وە حەزرەت قەت لە وەختی خۆی دوای نەخستووە ، وە لـە پاش نوێژی مەغریب دوو نوێژی جەهری هەیە کە عیشاو بەیانییەو لـە پێشیەوە دوو نوێژی سیرڕی هەیە وەکو نوێژی نیوەڕۆو عەسر •

چوارەم ئەمەیە : ئەو نوێژە نوێژی عیشایە ؛ بە دەلیلی ئەمە کە وا لە بەینی دوو نوێژا کە قەسریان دروست نیە وەکـــو مەغریبو بەیانی ، وە وەختەکەی وەختی نوستنە ، وە لەســەر شانی ئینسان گرانە • کەوابێ زۆر موناسبی تەئکیدە ، بۆیـــە خودا بە تایبەتی بە (صلوة الوسطی) ناوی بردووە •

پێنجەم ئەمەیە : ئەو نوێژە نوێژی صوبحە ؛ چونکی لـــە پێشیا دوو نوێژی شەو هەیە کە مەغریبو عیشایەو لە پاشـیەوە دوو نوێژی رۆژ هەیە کە نیوەڕۆو عەسرە ، وە لەبەر ئەوە کـە وەختەکەی وەختی نوستنەو هەستان لەو کاتەدا لـــە گەرمـــاو سەرمادا زۆر لەسەر شان گرانە • وە لەو کەسانەیە ئەم قسەیـە فەرمووە : ئیمامی عەلیو عەبدوڵلای کوڕی عەبباس وەکو مالك ریوایەتی کردووە لە (موطأ) دا بە تەعبیری (بلاغ) ، وە ترمذی

ریوایەتی کردووە لە ئیبن‌و عومەرو ئیبن‌و عەبباسەوە بـــــە (تەعلیق) ، واتە بێ سەنەد ، وە ریوایەت‌کراوە لـــــە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە٠وە ئەمە فەرموودەی مالیك‌و رەفیقەکانیەتی، وە مەیلی ئیمامی شافیعیش لەسەر ئەمـــەیـــە ، وەکو (قشــیری) باسیکردووە ، بەڵام ریوایەتی راست لە ئیمامی عەلییەوە ئەمەیە کە عەسرە نەك بەیانی ٠

شەشەم ئەمەیە کـــــە : نۆیژی جومعەیە ؛ لەبـــەر ئـــەوە جیاکراوەتەوە بەوە کە دوو خوتبەی تێداهەیەو موسوڵمانانـــی زۆر بۆ گردئەبێتەوەو کراوە بە جەژنی موسوڵمانان‌و دۆعـــای تێدا نزیکە لە قەبووڵ ٠

هەروا چەن قەولی تر لەم باسەدا هەیە کـــــە گێڕانەوەیان ئەبێ بە هۆی درێژەدان بە وتار ، وە فەرموودەی بەهێز **ئەمەیـە** کە نوێژی عەسرە بە دەلیلی چەن حەدیثێ ریوایەت‌کراون لـــــەم باسەداو رووناکتریان حەدیثی ئیبن‌و مەسعوودە کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (الصلاة الوسطى صلاة العصر) ٠ ئەمە ترمـذی ریوایەتی‌کردووەو فەرموویەتی : (حديث حسن صحيح) ٠

وە ریوایەت‌کراوە لە حەزرەتـــی عەلییـــەوە (خ) ئەڵـــێ حەزرەت (د) لە رۆژی (ئەحزاب)دا فەرمووی (شغلونا عـــن الصلاة الوسطى : صلاة العصر ، ملأ الله بيوتهم وقبورهم نارا ! ثم صلاها بين العشائين) ٠

واتە : ئەو کافرانە ئیمڕۆ ئێمەیان مەنع‌کرد لـــــە نوێژی (وسطى) کە نوێژی عەسرە ، خودا بە قاری خۆی خانووەکانیان‌و گۆڕەکانیان پڕ بکا لە ئاگری دۆزەخ ٠ جا نوێژی عەسرەکـــەی

بەقەزا گێڕایەوە لە بەینی نوێژی مەغریبو نوێژی عیشادا • وە ئەم حەدیثە ئیمامی بوخاریو موسلیمو ئەبوداودو ترمذیو نەسائی ریوایەتیان کردووە لە کوتوبی خۆیانا •

وە ریوایەتکراوە لە ئەبو بەصرەی غەفارییەوە (خ) ئەڵێ : رۆژێ حەزرەت (د) نوێژی عەسری لەگەڵ کردن لە (مخمص) دا ـ ناوی شوێنێکە ـ جا فەرمووی : ئەم نوێژە فەرزکرا لەسەر ئوممەتێ لە پێش ئێوەدا ، کەچی زایەیان کرد • واتە نەیانکرد• جا کەسێ موحافەزەی ئەم نوێژە بکا ئەوە ئەجری بۆ ئەنووسرێ، دوو جار : جارێ لەبەر کردنەکەیو ، جارێ لەبەر ئەوە کە پێشینان زایەیان کردووەو ئەم کەسە بەجێی هێناوەو ئیتر نوێژ ناکرێ لە پاش ئەم نوێژە هەتا رۆژئاوابوون • ئەم فەرموودەیە موسلیمو نەسائی ریوایەتیان کردووە • وە لەگەڵ وجوودی ئەم فەرموودانە مەجالی ئەوە نیە کەس ئەم نوێژە بکا بە غەیری عەسر ؛ بۆیە جومهووری ئەصحابو تابیعینو موحەددیثینو فوقەها ئیختیاری ئەوەیان کردووە کە (الصلاة الوسطى) نوێژی عەسرە •

﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَاناً ﴾ :

واتە ئەگەر ترسی گیانتان لێپەیدابوو بە هۆی دوژمنی نابارەوە یا بە هۆی هارو دڕندەو مارەوە ، بەم جۆرە کەوتبوونە شوێنتان ، یا بە هۆی لافاوی بێسامانەوە یا ئاگری بێ ئامانەوە •• ئەوە نوێژەکانتان بکەن : بە پیادەو ، بە سواریو ، بە بەرەوکابەی موبارەك یا پشتەو کابە • خودا تەکلیف ناکا ئیللا بە قەی حاڵی ئینسان •

﴿ فإذا أمِنْتُمْ فاذْكُروا اللهَ كَمَا عَلَّمَكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴾ (٢٣٩)

واته : كاتێ لەو ترسو بیمە هێمن بوونەوەو گەیشتنە حالی عادەتی خۆتان ئەمجار نوێژەکانتان بکەن بە یاسای دین وەکو جارانی خۆشحالی . وە سوپاسی خودایش بکەن لەبەر ئەوە کە تەعلیمی ئەو شتانەی کردوون کە لەمەوپێش نەتانزانیوە ، وەکو نوێژ لە کاتی ترسو بیمو نوێژ لە کاتی هێمنیدا ٠

لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە بە قەراری قەطعی دروست نیە بۆ موسولمان تەرکی نوێژ بکا لە هیچ کاتێ وە هیچ شوێنێ وە لە هیچ حالێکا . وە واجبە لەسەری بە هەر جۆرێ بووە لە جێدا یا لە رێدا بەپێوە یا بەدانیشتنەوە یا راکشانەوە نوێژەکانی بکا مادام هۆشی هەیە بە خۆیەوە ٠

وە ئەو کەسە تەرکی نوێژ بکا ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە باوەڕی نیە بەوە کە نوێژ واجبە ئەوە کافرە ٠ وە ئەگەر لەبەر تەمەڵی بێ ئەوە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی پاش تەرکی نوێژ لەوانە کە گردئەکرێنەوە بە یاسای حەددی شەرعی ئەکوژرێو لە گۆڕستانی موسوڵمانانا ئەنێژرێ ٠ وە لەلای بازێ لە ئیمامەکان حەبس ئەکرێ هەتا تۆبە ئەکاو ئەگەڕێتەوە بۆ نوێژکردن وە یا ئەمرێ ٠

﴿ والَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ ويَذَرُونَ أَزْواجاً ﴾ :

ئەو کەسانە کە ئەمرن لە ئێوەو لە پاش خۆیان ژنەکانیان بەجێ ئەهێڵن ٠

﴿ وَصِيَّةً لِأَزْوَاجِهِمْ مَتَاعاً إِلَى الحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ﴾ :

فەرزمانکردووە لەسەریان کە لە کاتی پێش‌مردنیانا وەصییەت بکەن بۆ ژنەکانیان بەژیاندنیانو مەسرووف بۆ کردنیان لەسەر میراتی خۆیان هەتا ماوەی ساڵێ تەواو ئەبێ بەبێ دەرکردنیان بەزۆر ٠

﴿ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنْفُسِهِنَّ مِنْ مَعْرُوفٍ ﴾ :

جا ئەگەر ژنەکان بەخواستی خۆیان دەرچوون لەو ماڵە ئەوە گوناح لەسەر ئێوە نیە لە هەرکردەوەیێ بیکەن مادام خیلافی یاسای دین نەبێ ٠

﴿ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ (٢٤٠)

خودا بەڕاستی غالبەو زاڵە بەسەر بەجێ‌هێنانی خواستی خۆیاو خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە مۆڵەتی گوناحبار ئەدا ، وە تا ماوەیێ حەقی لێ‌ناسێنێ ٠

قورطوبی لە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت : کۆمەڵێ لە موفەسسیرەکان لە مەعنای ئەم ئایەتەدا فەرموویانە : ئەو ژنە کە مێردەکەی ئەمرد لە خانووی مێردەکەیا دائەنیشت هەتا ساڵێ ، وە مەسرەفی بۆ ئەکرا لە ماڵی مێردە مردووەکەی مادام لەو خانووە دەرنەچوایێ ٠ وە ئەگەر دانەنیشتایێ ئیتر لەسەر میراتبەری کابرا تاوان نەدەما لەوەدا کە مەسرەفی بۆ نەکەن ٠

بەڵام لە پاشان ئەم مانەوەی ساڵە نەسخ‌کرایەوە بە ماوەی

چوارمانگ‌و ده شه‌وو رۆژ بۆ عیدده ، وه مه‌سره‌فی ساڵه‌که‌یش که وه‌صییه‌تی بۆ کرابوو نه‌سخ‌کرایه‌وه به وه‌رگرتنی هه‌شتیه‌ك یا چواریه‌ك له ماڵی مێرده‌که‌ی • وه له ماواو مه‌نزڵیا خیـــلاف هه‌یه له به‌ینی ئیمامه موجته‌هیده‌کانا •

بوخاری ــخ‌ـ ریوایه‌تی کردووه لـــــه عه‌بدوڵڵای کوڕی زوبه‌یره‌وه ئه‌ڵێ : وتم به‌عوثمان : ئه‌م ئایه‌ته نه‌سخ‌بووه‌ته‌وه به ئایه‌ته‌که‌ی تر که ئیعتیباری چوارمانگ‌و ده شه‌و ئه‌کا لـــــه عیدده‌دا ، ئیتر بۆچی ئه‌ینووسی ؟ ئه‌ویش وتی : ئه‌ی برازام ! هه‌ر ئایه‌تێ له شوێنێکدا نووسرابێ من لای نابه‌م وه نایگۆڕم • واته ئه‌م ئایه‌ته هه‌رچه‌ن حوکمه‌که‌ی نه‌ماوه‌و مه‌نسووخه ، به‌ڵام تیلاوه‌ت‌و خوێندنه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه •

له هۆی هاتنه‌خواره‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌دا ریوایه‌ت‌کراوه لـــه (مقاتل)ی کوڕی حه‌ییانه‌وه : که پیاوێ له (طائف)ه‌وه هات بۆ مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره وه چه‌ن ئه‌ولادی بوون له کوڕو کـــچ ، وه باوك‌و دایکی له‌گه‌ڵا بوون‌و ژنیشی بوو ، جا کابرا له مه‌دینه‌دا مردو مه‌وزووعی میراث‌و حسێبی ماڵ‌و ژنه‌که‌ی عه‌رزی حه‌زره‌ت کرا (د) ، ئه‌ویش به شێوه‌یه‌کی مناسب به‌شی باوك‌و دایکه‌که‌ی دانا ، وه به‌شی ئه‌ولاده‌کانیشی دانا ، به‌ڵام به‌شی بۆ ژنه‌کـــــه‌ی دانه‌نا ، به‌س فه‌رمانی دا هه‌تا ماوه‌ی ساڵێ له میراتی مێرده‌که‌ی مه‌صره‌ف بۆ ئه‌و ژنه بکرێ • وه له‌م قه‌ضییه‌دا ئه‌و ئایه‌تـــــه نازڵ‌بوو • به‌ڵام پێویسته بزانن که ئه‌م ئایه‌ته نه‌سخ‌بووه‌ته‌وه به ئایه‌تی پێشوو ئه‌گه‌رچی له کیتابه‌تی موصحه‌فی شه‌ریفدا وا له‌پێشه‌وه • له واقیعا له پێش ئه‌م ئایه‌ته‌وه هاتووه‌ته خواره‌وه •

﴿ وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ :

بۆ ئەو ژنانە کە تەڵاقدراون حەقی تەمەتتوع هەیە بە شێوەیێ کە موناسبی حاڵو شانی کابرای ژنتەڵاقدەر بێ •

﴿ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴾ (٢٤١)

وە ئەم حەقەم ئیثباتکردووە لەسەر ئەوانە کە ئیمانیان هەیە بە خوداو لەخودا ئەترسن • ئەگەرنا کافر موبالات ناکا •

﴿ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ (٢٤٢)

وە بەم جۆرە کە رابوورا لەمەوپێش خودای تەعالا فەرمانەکانی خۆی رووناكئەکاتەوە بۆتان بە رجای ئەوە فامیان بکەنو رەفتاریان پێبکەن •

خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا ئیسباتی حەقی موتعەی کرد بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو . پاش ئەوە کە لە ئایەتەپێشووەکاندا بڕیاری حەقی موتعەی دا بۆ یەك بەشیان ، وە دیارە باسکردنی تاقە فەردێ لە ئەفرادی عام تەخصیصی عامەکە ناکا بەو تاقە فەردە • واتە ئێمە لێرەدا وەرمانگرت کە حەقی موتعە بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو هەیە ، وە لە پێشەوە بەس بۆ ئەو ژنەی دانا کە تەڵاق بدرێ بە بێ ئەوە بچێتە لایو مارەییشی بۆ ناونەبرابێ • بەڵام ئەم بەیانی عامو خاصە نابێ بە هۆی ئەوە کە ئەم عامە ببڕین بەسەر تاقە بەشە پێشووەکەدا ، بەڵکو ئەو بەشە حوکمەکەی رابوورا کە حەقی موتعەی هەیە • وە لێرەیشدا بۆ باقی ژنانی تەڵاقدراو هەر حەقی موتعە دائەنێین لەسەر زاهیری

ئەم ئایەتە عامە ، وە بەقەطعی ئەم زاهیرە لە دەس بەرنادەیـــن ئیللا لە تاقە مادەیەکدا کە جیاکراوەتەوە بە ئایەت وەکو ئـــەو ژنە کە تەلاقدراوە لە پێش چوونەلایاو مارەییشی بۆ ناوبراوە ، هەر نیوەمارەیی ئەکەوێو بەس ٠

وە بازێ ئەڵێن : هەڵئەگرێ کە لامی تەعریفی (وللمطلقات) بۆ ئیشارە بێت بۆ لای ئەفرادی ئەو قیسمە کە لە ئایەتەکـــەدا باسی ئیستیحقاقی حەقی موتعەی کرد ، وە (لام)ەکەی عوموم نەبێ . کەوابێ ئەم ئایەتە وەکوو تەئکیدی پێدێ بـــۆ ئـــەو ئایەتە پێشووە ٠

وە بازێ کەس تەئویلی ئەم ئایەتەی کردووە بەوە کە ئـــەم حەقی موتعە واجبی هەیە وەکو ئەوە لە ئایەتـــە پێشووەکـــەدا باسکرا ٠ وە سوننەتیشی هـــەیـــە وەکو باقی ئەقسامی ژنـــی تەلاقدراو . واتە قەی ناکا با حەقی موتعە بۆ هەموو لایێ ببێ ، بەلام بۆ تاقە بەشێکیان واجبە . وە بۆ ئەو بەشەکان سوننەتە ٠ وە بازێ وتوویانە : مەبەس لە حەقی مەتاع لەم ئایەتەدا نەفەقەی عیددەیە بەو شەرتە ژنەکە موطەللەقەی ڕیجعیە بێ یا ســـکی ببـــێ ٠

ڕیوایەتکراوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەم ئـــەڵێ : کاتـــێ ئایەتی (ومتعوهن علی الموسع قدره) هاتەخوارەوە وا حاڵی بوو کە ئەم حەقی موتعە حەقێکی ئیختیارییە وتی : (ان شـــئت أن احسن فعلت وان لم أرد لـــم أفعل) جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (وللمطلقات متاع بالمعروف) واتە ئەم حەقی موطەللەقاتـــە واجبە ٠ (أخرجه ابن جرير) ٠

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِم
وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ : مُوتُوا ثُمَّ
أَحْيَاهُمْ ﴾ :

بە یاسای باری تەعالا لە نازڵکردنی قورئانی پیرۆزا لەسەر مونا سەبەی بێدارکردنەوەی موسوڵمانان لە بێئاگایی و فەرامۆشکردنی گەورەیی خودا هەر لە ناو چەن ئایەتدا ئایەتێ یا زیاتر نازڵ ئەکا بۆ ئەم مەبەستە •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت • ئەی پێغەمەری خۆشەویست تەماشای وەزعی ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە ناکەی کە لە وڵاتی خۆیان دەرچوون لەترسی مردن ، وە ئەوانەیش چەن هەزار کەسێ بوون ئەبوا لەناو ئەواندا چەند پیاوێکی ژیر ببوایەو ئامۆژگاری باقیەکانیان بکردایە کە راکردن لەترسی مردن مەعقوول نیە • جا خودای تەعالا بۆ دەربڕینی قودرەتو تەوانایی خۆی فەرمانی فەرمووە: بمرن• واتە بە ئەمری (تەکوینی) بڕیاریدا بمرن ، وە ئەوانیش بە بێئیختیار هەموو مردن ، وە لە پاشان خودای تەعالا زیندووی کردنەوە بۆ ئەوە خۆیان لە تەوانایی خودا حاڵی ببن ، وە ئەو رووداوەیش ببێ بەهۆی عیبرەت بۆ باقی ئادەمیزاد •

﴿ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ ﴾ :

بەڕاستی خودای تەعالا خاوەن کەرەمە لەسەریان •

﴿ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴾ (٢٤٣)

بەڵام زورمەی ئادەمیزاد دان نانێن بەم کەرەمو فەزڵی خوداداو سوپاسی خودا ناکەن لەسەر نیعمەتەکانی •

ئەگێڕنەوە کە لە چەرخێ لە چەرخەکانی پێش ئیسلاما نەخۆشینی (تاعوون) داکەوت لە قەسەبەی (داوەردان) لە نزیکی (واسیط) لە بەینی بەغداو بەسرەدا . جا لەترسی ئەوە گیرۆدە بن بەو تاعوونە خەلکی ئەو شوێنە هەموو رایان کرد • وە خودای تەعالا . کاتێ لە ولاتەکەیان دەرچوون،هەمووی مراندن• وە لە پاش ماوەیێ زیندووی‌کردنەوە بۆ ئیثباتی هێزی تەوانایی خۆی •

وە بازێ ئەلێن : ئەوانە کۆمەلێ بوون لە (بەنی‌ئیسرائیل) گەورەکەیان بانگی کردن بۆ غەزاکردن لەگەل کافرانا ئەوانیش ئیطاعەیان نەکرد . وە لەو ولاتە دەرچوون لەبەر ئەوە نەکا بمرن بەهۆی جیهادو غەزاکردنەوە . جا خودای تەعالا مراندنی تا هەشت رۆژ . وە لە پاش ئەوە زیندووی کردنەوە •

وە بە هەرحال ئەگەر حیکایەتی یەکەم بێ یا دووەم بێ مانیع نیەو مەعنای ئایەتەکە وەهایە کە پێویستە ئینسان پالو پشتی لەسەر کەرەمی خودا بێو باوەڕی وەهابێ کە ژیانو مردنی هەرکەسێ وا لە دەستی خوداداو ئینسان بە راکردن لە دەستی تاعوون لە مردن رزگار نابێ • وە بە پارێز لە جەنگی دوژمن عومری درێژ نابێ . وە مردنو ژیان هەموویان بەسراون بە قەزای خوداوە ، وە هەرچی خودا بڕیاری دابێ ئەبێ هەر ببێ •

جا کە خودای تەعالا ئەم رووداوەی بۆ حەزرەتو موسولمانان گێڕایەوەو بۆی بەیان‌کردن کە راکردن لە مردن

سوودی نیەو ئەبێ ئینسان پشتئەستوور بێ بەخودا ..
فەرمووی بە حەزرەت :

﴿ وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

ئەی رەهبەری نازارو ئەی پەیڕەوانی بەئیعتیبار جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنانی دیندا لە رێگەی خودادا وە لە بەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام .

﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٤٤)

وە یەقین‌و باوەڕتان ببێ کە خودای تەعالا قسەی ئێوە ئەبیێ‌و بە رازو نیازی ئێوە ئەزانێ‌و هەرکەسێ هەر چاکەیێ بکا جەزای ئەداتەوە بە چەن‌قات .

وە لەبەر ئەوە کە جەنگ‌کردن پێویستی هەیە بە صەرفی ماڵ‌و دارایی بۆ ژیوارو خواردەمەنی جەنگکەران ، هەروا پێویستی هەیە بە سەرفی دارایی بۆ چەك‌و ئەسبابی جەنگ .. خودای تەعالا بۆ تەرغیبی موسوڵمانان لەسەر سەرفی ماڵ لەم رێگەدا فەرمووی :

﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ؟ ﴾ :

ئەوە کێیە ئەو بەختیارە شیرین‌کردارە کە ماڵی خۆی ئەدا بە قەرز بەڵام بە قەرزێکی جوان‌و شیرین بەم رەنگە ئەو ماڵە بە ماڵی خۆی نازانێ هەتا نازو نیازێ بکا لەسەری‌و منەتێ دابنێ لەسەر خودا ، بە ماڵی خودای دائەنێ‌و بە ئەمانەت لەلای ئەم دایناوە . وە لە لایەکی ترەوە باسی ئەو سەرفە ناکا لەناو خەڵکدا

هەتا ببێ بە ئیحسانی بەرچاوی ، بەڵکو پێشکەشی ئەکا بە کاربەدەستی ئیسلام هەتا بە دڵخوازی خۆی لەسەر راوێژی موسوڵمانانی هۆشیار سەرفی بکا ، هەتا خودای تەعالا لەکاتی دانەوەی جەزادا بە چەن قاتی زۆر جەزای ئەو کەسە تەکرار بکاتەوە بە نەوعێ لە ژمارەی حەوسەدو هەزارو هەزاران دەرچێ •

﴿ واللهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُطُ وإليهِ تُرْجعُون ﴾ (٢٤٥)

وە ئەی موسوڵمانان بزانن کە خودا رزقو دارایی ئەگرێتەوە لە هەرکەسێ خواستی ببێ . وە زۆری ئەکاو بڵاوی ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ • وە قەت وا مەزانن ئەگەر ماڵی خۆتان لە رێگەی خودادا سەرف بکەن ئیتر ماڵتان دەست ناکەوێتەوە . وا نیە بەڵکو خودا ئەتوانێ بە عینایەتی خۆی ئەوەندەتان دارایی بۆ زیاد بکا گیر بخۆن بە دەستیەوە • ئەمە بۆ دنیاتان ، وە لەولایشەوە ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودای تەعالا بۆ ماوەیەکی نەبڕاوە • وە موحتاجن بە خودایێ کە هەموو سوودو زیانێ وا لە دەستی ئەودا . کەوابێ هەمیشە ئومێدتان بەو دارایە زۆرتر بێو پیرۆزیو بەختیاری خۆتان لەو پەروەردگارە داواوە بزانن نەك لە دراوو دارایی خۆتان •

جا لەم شوێنەدا بە موناسەبەی زەمی دەرچوونی ئەو قەومە لە وڵاتی خۆیان لە بیمی تاعوون ، چەن شتێ هەیە ئەیخەمە پێش‌چاوتان هەتا بیان‌کەن بەسەر مەشق بۆ ژیانو بۆ پیرۆزیو بەختیاریتان هەتاهەتایە •

یەکەم : بیرو باوەڕی موسوڵمان لەسەر ئەوەیە کە خودای تەعالا پەروەردگاری عالەمەو لە هەموو کائیناتا کەمو زۆر هەرچی بووەو هەیەو ئەبێ هەمووی بەهێزی ئەو وە لەسەر خواستی ئەوە . وە ئەگەر خواستی نەبێ هیچ شتێ ، لە سوودو زیان ، لە عالەما روونادا ·

دووەم : وەکو خودای تەعالا خالیقی هەموو شتێکە وەها یاسایەکی راستی دامەزراندووە کە ئەو یاسایە بەکاردێ هەتاهەتایە ، واتە بۆ هەر شتێ رووبدا هۆیەكو شتێکی داناوە ، ئەو هۆیە ببێ ئەو شتە ئەبێ ، وە نەبوو نابێ : باران ئەبارێنێ گیای پێئەڕوێنێ . گەرما ئەخاتە هەواوە هەتا میوەو کشتوکاڵی پێپێئەگەیەنێ · زانستو پیشەسازی داناوە بۆ ئەوە هەرکەسێ بوو بە خاوەنیان ببێ بەخاوەنی دەستەڵات لە جیهانا · وە تەماشای پاکی خۆراكو بەرگو پۆشاكو هەوای پاك بوون بەهۆی تەندروستی ، وە پێچەوانەی ئەمانە بوون بەهۆی بیماریو دەردو بەلا ، وە دەرمانکردنی نەخۆشی وە فەرمانوەرگرتن لە دوکتۆری زانا بووە بەهۆی چارکردنی نەخۆشی ·

تەماشا ئەکەی دارێ بە دارێکی تر پێوەند ئەکرێ میوەکەی ئەگۆڕێ . وە تۆمێ لە عەرزا یا تۆمی حەیواناتدا ئەگۆڕێ زەراعەتەکە یا حەیوانەکە ئەگۆڕێ · وە لە ئاوی نەخۆشی ئاوڵە مندالێ ئەکوتن ئاوڵە ئەگرێ ·

ئەمانە هەموو وان لەبەر دەستووری سوننەتی خوداو یاسای پەروەردگاردا لەعالەما ، وە خودا فەرموویەتی لەباسی (ذو القرنین) دا : (وآتیناه من کل شيء سببا فاتبع سببا) ·

سێهەم : وەکو خودا ئەم ئەسبابانەی داناوە یاسایەکی تریش هەیە کە ئێمە تا ئێستە نەمانتوانیوە کەشفی بکەین و سیڕڕەکەی بزانین کە بەشێوەی گشتی پێی ئەڵێن : (خرق العادة) : ئەوەتە حەزرەتی ئادەمی بەبێ باوك و دایـــــك دروستکردووە ، وە وشتری حەزرەتی سالحی لـــە بەرد هێناوەتە دەرەوە . وە ئاگری ساردکردووە لەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و بەساغی لەو ئاگـــــرە دەرچوو . وە داری عاسای ئەکرد بەمارو ئەژدەها بۆ حەزرەتی مووسا . وە عیسای بەبێ باوك دروستکردو هێزێکی رۆحـــــی وای پێدا کە کوێری سکوومـــــای خۆش ئەکردەوەو بەڵەکــــــی چاك ئەکردەوەو چەنـــــد مردووی زینـــــدوو کردووەتەوە . وە قورئانی نارد بۆ پێغەمەر کەس نەیتوانی کەلامی وەها دابنـــێ و ئەو ئوممەتە نەزانەی پێ بەرزکردەوەو کردی بە پیرۆزی بـــــۆ هەموو عالەم و کافرو موسوڵمان لەزانست و مەعلووماتی قورئان سوودیان وەرگرت . (ئەم باسە بۆ کــــــەسێکە باوەڕی بــــــە پێغەمەران و رەهبەران بێ) .

وە بۆ ئەوکەسانەیش کە باوەڕیان بەوان نەبێ : ئەگــــــەر باش تەماشا بکا ئەزانێ گەلێ قانوونی عیلمی کەشف کراوە کە تا ئێستە کەس ئاگای نەبووە لێیان و گەلێ شتی وا هەیە کە تـــا ئێستە سیڕڕەکەی نەزانراوە : وەکو چلۆنیی هەڵسووڕانـــــی ئەم ئەستێرانە لە عالەماو بناغەی ئەم هەڵسووڕانەو ئەنجامـــــی ئەم هەڵسووڕانەو هێزی (جاذیبە) لەناو ئەم شتانەدا کــــــــە هەڵئەسووڕێن .

جا لەمانەوە دەرکەوت کە ئایینی بەرزی ئیسلام وەکو باقی

مەعلوماتی عیلمی دائیما لەگەڵ حەقیقەتو راستیدا ئەڕواو چاوبەستو فڕوفێڵی تێدا نیەو هەر شتێ عیلمی بێ ئیسلام وەری ئەگرێ ٠

کەوابێ واجبە بە دینی ئیسلام لەسەر یاسای سوننەتی پەروەردگار هەر موسوڵمانێ پارێز بکا لە بڵاوەبوونی نەخۆشی وە تێبکۆشێ بۆ ئەسبابی تەندروستیو هەرشتێ لە عیلمو پیشەو کردەوە کە ببێ بەهۆی بەرزەوەبوونی فەرد یا کۆمەڵ سەعی بۆ بکاو قەطعا بە خەیالات بایی نەبێ ٠

کەوابێ ئەگەر لە ئاگر رابکاو لە لافاو خۆی بپارێزێ چۆن مەعقوولە ئەگەر لە نەخۆشیو لە دەردو ئێش خۆی بپارێزی مەعقوولە ٠ ئەوەتە وەکو لە بوخاری شەریفدا هەیە حەزرەت فەرموویەتی : (رابکەن لە گول وەکو رائەکەن لە شێر) ٠ هەر لە شەرحی بوخاریدا گولێ لەناو کۆمەڵێ عەرەبدا هات حەزرەت (د) فەرمووی : ئێمە لەباتی تۆ موبایەعەی ئیسلامیەتمان بۆ کردووی ئیتر خودا حافیزت بێ ئیجاب بە زەحمەتکێشانی نۆ ناکا ٠

وە فەرموویەتی : ئەگەر بیستتان (وەبا) کەوتووەتە وڵاتێکەوە مەڕۆن بۆ ئەو وڵاتە ، بەڵام ئەگەر وان لە وڵاتەکەدا دەرمەچن ، ئەویش هەر لە یاسای پارێزە ؛ چونکی ئەهلی ئەو وڵاتە با زاهیرا ساغ بن بەڵام قابیلە مادەی ئەو نەخۆشیەیان وەرگرتبێ ٠ وە زیاد لەمە هۆی دەرچوونیان ئەبێ بەهۆی دڵشکانی ئەو بێدەستانە وان لەو وڵاتەداو ناتوانن

دەربچن ، وە ئەبێ بەهۆی بڕینی ڕشتەی ڕەحم لە بەینی خـــزم‌و خوێشانا •

وە ئەوەی کە لە حەزرەتەوە (د) ڕیوایەت‌کراوە فەرموویەتی: (لا عدوی ولا طیرة ولا هامة ولا صفر) ئەمە هەمووی ئینکاری ئەو نەوعە تەئثیرە بووە کە لە زەمانی جاهیلییەتا ئیعتیقادیـــان کردووە • واتە : ئەو جاهیلانە وایان زانیوە ئەم دەردو بـــەڵاو نەخۆشیە بەحەتمی بە تەبیعەت تەئثیر ئەکەن‌و عەلاقەیان بـــە خواستی خوداوە نیە (العیاذ بالله) جا حەزرەت ویستوویەتـــی ئەو باوەڕە هەڵەیە لە دەماخیانا هەڵدا ، وە دەماغیان پڕ بکا لەباوەڕ بە خودای تەعالا هەتا ئیمان بێنن بەوە کە هەر خـــودا خالیق‌و پەروەردگارە بۆ هەموو شتێ ، وە هەر خودا (مسبب الاسباب)ە، واتە ئەسبابی داناوەو کردوویە بە هۆی (مسبب) ئەگـــەرنا ئەسباب بەبێ خواستی خودا شتی لێ‌پەیدا نابێ •

وە یەکێ بیەوێ بە درێژی ئەم باسە تێ‌بگا تەماشای (فتح الباري) شەرحی بوخاری بکا لە بابی (لا عدوی) دا لە کیتابی (طب) لە بەرگی دەهەمدا •

جا ئەو ئایەتە پیرۆزە کە زەمی ئەو کۆمەڵە ئەکا کە لـــە ترسی نەخۆشی لە دێکەیان دەرچوون لەبەر ئەوەیە کە ئەوانـــە وایان ئەزانی ئەو نەخۆشینە بەقەراری قەتعـــی پێیان ئەگـــاو ئەیانکوژێ‌و لایان بەلای خوادا نەدەکردەوە •

وە ئەگەر لەسەر ڕیوایەتی ثانی بێ ئەوە طەبعەن لەبـــەر ئەوە بوو کە ڕاکردن لە جیهاد ڕاکردنە بۆ فەسادی وڵات‌و نەمانی

یاساو نیزامو رازیبوون به ملکەچی بۆ کافران ئەمەیش دیـاره کە کارێکی نابارو ناهەمواره ٠

پاش ئەمانە بزانن کە قەرزدان عیبارەتە لەوە کە میقدارێ لە ماڵی خۆت ، لە ئاڵتوونو زیو یا لە ئەوراقی رەواجی رۆژ،وە یا لەو شتانە کە وێنەی شەرعییان هەیە وەکو گەنمو جۆو خورماو مێوژو باقی خواردەمەنی کە تێکەڵ نەبێ لـــە ئەجزای جیاجیا بیدەی بە داماوێ داوای بکا لێت لەسەر ئەساسی ئەمە کە لە کاتێکا ئیمکانی ببێ وێنەی ئەو ماڵە بداتەوە بە خاوەن قەرزەکە ٠

قەرزکردن لەلایەنی موحتاجەوە ئەحکامی خەمسەی بەسەرا دێ ، هەروا لەلایەنی قەرزدەریشەوە : (حەرام) و (واجب) و (مەکرووه) و (مەندووب) و (موباح) ئەبێ ، وەکو لەکتێبی شەریعەتا باس کراوە ٠ وە قەرزدان بە داماو گەلێ ئیحسانە ٠

ریوایەتکراوە کاتێ ئایەتی (مـــن ذا الذي يقــرض الله قرضا حسنا) نازڵبوو یەکێ لە ئەصحابەکان ئەبو (دحداح)ناو هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیکرد : یا رەسوولەڵلا راستە خودای تەعالا داوای قەرز لە ئێمە ئەکا ؟ فەرمووی : بەڵـــێ ٠ عەرزی کرد : دەستی خۆتم بدەرێ ! ئەویش دەستی بۆ راکێشا ، جا عەرزی کرد : یارەسولەڵلا وا من باغێکم هەیە شەشـــــەد دارخورمای تێدایە دام بە قەرز بە خودا ، ئەمجار رۆیشت بـــۆ باخەکەی بانگیکرد لە ژنەکەی : دایکی دەحداح دەرچن لـــــە باخەکە بە خۆتو منداڵەکانەوە ، من ئەم باخەم داوە بەقەرز بە خودای تەعالا ، ئەویش بە فەوری لەگەڵ منداڵەکانیا دەرچوون لەو باخەو چوون بۆ شوێنێکی تر ٠

وه به ئیتتیفاقی هەموو ئیمامانی دین دروستنیه لەسەر هیچ نەوعە قەرزێ : نەکەمو ، نە زۆر زیاد لە ماڵەکەی خۆی قازانج وەربگرێ . بەڵێ ئەگەر قەرزارەکە خۆی بەپیاوەتی شتێك لە زیادەی دا بە خاوەن ماڵ ئەوە بۆی دروستە وەری بگرێ؛ چونکە حەزرەت فەرموویەتی بە زیوایەتی ئەبوو هورەیرە : (ان خیارکم أحسنکم قضاء ٠ رواه البخاری ومسلم وغیرهما)وە حەزرەت (د) تاریفی ئەو کەسانەی کردووە کە قەرز باش ئەدەنەوە . واتە لە وەختی دەسڕۆیشتنا بەبێ تەفرەو بە روویەکی خۆشەوە بەزیادەوە وێنەی ئەو ماڵە بباتەوە بۆ خاوەنەکەی ٠

وە حەزرەت (د) وشترێکی یەكساڵەی قەرزکرد دوایی وشترێکی چوارساڵانەی نارد بۆ خاوەن ماڵەکە ٠ وە ئەم حەدیثە دەلیلە لەسەر ئەمە کە قەرزکردن لە حەیواناتا دروستە ، وە ئەمە مەزهەبی جومهوورە ئیللا ئیمامی ئەبوحەنیفە (خ) وەکو لە جێگەی خۆیا باسکراوە ٠

وە پاش ئەوە کە خودای تەعالا فەرمانی دا بە جیهاد لەبەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی خودا وە تەرغیبی دان لەسەر سەرفکردنی ماڵ لە رێگەی خودادا رووداوێکی ناو بەنی ئیسرائیلیشی بۆ گێڕانەوە کە بە ئەمری خودا جیهادیان کردووە ، وە فەرموی :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ ـ مِنْ بَعْدِ مُوسَى ـ إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ : ابْعَثْ لَنَا مَلِكاً نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ؟ ﴾ :

واته : ئایا نابینیو تەماشای ئەو کۆمەڵە ناکـــەی لـــە پیاوەگەورەکانی بەنیئیسرائیل لەبەر ئەوە فامیانکرد بـــە داماویو بێشانیو بێناوی خۆیان لەسەر تەرکی جیهاد عـــەرزی ئەو پێغەمبەرەی ناو خۆیان کرد ـ دوای حەزرەتی مووسا ـ کـــە ناوی (ئەشمەویل) بوو (د) : پادشـــایەکمان بۆ راپەڕێنـــــەو بۆمان دیاری بکە هەتا فەرمانداریمان بکاو ئێمەیش جـــەنگ بکەین لەگەڵ دوژمنانی دینی خۆمان لە رێگەی خودادا ؟

﴿ قَالَ : هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُوا ! ﴾

ئەویش فەرمـــووی : ئایـــا چاوەڕوان ئەکرێ غەزاکردن فەرزبکرێ لەسەرتان ئەمە کە ئێوە خۆتان دوابخەن لـــە جەنگو جەنگ نەکەن !

﴿ قَالُوا : وَمَالَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا ؟ ﴾ :

ئەوانیش جوابیان دایـــەوەو عەرزیان کرد : ئایا ئێمە چی سوودیکمان بۆ ئەبێ لەوەدا کە جەنگ نەکەین لە ڕێگەی خوادا ، وەلحاڵ بێجگە لەوەی کە جیهاد لە زاتی خۆیا ئیحسانە ئێمـــــە دەرکراویـــن لە لایەنی ئەو دوژمنانەوە لە خانووو نیشتمانـــی خۆمانو دووریش خراوینەوە لە ئەولادەکانمان ؟ چونکە ئـــەوان مەبەسیان جەنگکردن بوو لەگەڵ عەمالیقەدا کە ئوممەتێ بوون لە قەراخی دەریای رۆمدا لە بەینی (فەلەستین)و میســـــردا دانیشتبوون ، وە ئەو شوێنە کە تیایا بوون وەختی خۆی شوێنی

بەنی ئیسرائیلی بوو ، بەلاّم ئەوان هاتن لەو شوێنانە دەریانکردنو منداڵەکانیان بە دیل بردن ٠

﴿ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلاَّ قَلِيلاً مِنْهُمْ ﴾ :

جا لە کاتێکا جەنگکردنو غەزا فەرز کرا لەسەریان لەلایەنی خوداوە هەموو پشتیان هەڵکرد لە جەنگکردن ئیللا کەمێ نەبێ ئەوانە کە بە دڵ ئیماندار بوون ٠

﴿ وَاللهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴾ : (٢٤٦)

وە بەڕاستی خودای تەعالا زانایە بەوانە کە ستەمکارنو حەقیان لێ ئەستێنێتەوە ٠

﴿ وقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ : إِنَّ اللهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكاً ﴾ :

ئەشمەویل (د) لە خودای تەعالا پاڕایەوە کە پاشایەکیان پێ بدا ، وە (بالفعل) خودا ئەمری فەرموو : کە (طالووت) دیاری بکا ، جا ئەویش فەرمووی بە بەنی ئیسرائیلیەکان : خودای تەعالا طالوتی ڕەوانەکردووە بۆتان ببێ بە پاشاتان ٠ وە طالووت ئینسانێکی خاوەن سەرو سیمای جوانو قەوارەی بە هەیبەتو بە هەیبەت بوو ، بەلاّم دارایی نەبوو ، وە لە ئەولادی بنیامین بوو ٠

﴿ قَالُوا : أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ ؟ ﴾ :

ئەوانیش وتیان : چلۆن پاشایەتی دەستەدا بۆ طالووت

لەسەر ئێمە وەلحاڵ ئێمە شیاوترو موناسبترین بـــۆ ریاسەت ؟ چونکی ئەو لە نەتەوەی بنیامینە کە بە یاسای بەنی ئیسرائیـــل دوور بوون لە ریاسەت‌و نوبووەت ؛ چونکی ریاسەت لە نەتەوەی یەهوودا بووو نوبووەت لە نەتەوەی (لاوی) کوڕی یەعقــووب بـــوو ٠

﴿ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ المَالِ ﴾ :

وە عەلاوەی ئەوە گوشادی‌و فەراوانی نیەو پێی‌نەدراوە لە ماڵ‌و داراییدا ٠

﴿ قَالَ : إِنَّ اللهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي العِلْمِ وَالجِسْمِ ﴾ :

ئەشمەویل فەرمووی : خودای تەعالا کردوویەتی بە پاشـا لەسەرتان لەبەر چەن شت ٠ یەکەم : خودا بازێ سیفاتی نەفسی وەهای پێداوە کە لایەقی ریاسەت بێ وەکو عەفوو چاوپۆشی لـە بازێ کەس‌و ئیدارەو دامرکاندنی بازەکەسێ‌و بەرزی لەخـووو رەوشتا ٠ وە لە لەشدا قەوارەدارو بەهەیبەتە ، وە لە زانســـتا خاوەن عیلم‌و خاوەن مەعلووماتە ٠

﴿ وَاللهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ ﴾ :

بێجگە لەمانە خودای تەعالا خاوەن خواستە لە هەموو شتێکا چی بکا ئەیکا ، وە موڵك‌و ریاسەت کە عائیدی ئەوە بە هەرکەسی بدا ئەیدا وە کەس ناتوانێ مەنعی بکا ٠

﴿ وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٤٧)

خودا زانستی گوشادەو دانای رازو نیازەو حیکمەت هەیـە

لەکارو باریا . وە ئێمە نەزانینو ئەنجامی کار نازانین ، وە خودا بە دەوام ئەم زانستەی هەیە ، بەلاّم ئێمە جارجار پڕتەوێ لە زانست لەلای ئەوەوە لێمان ئەدا وە جار بەجار بێ بارەین .

جا لەبەر ئەوە کە بەنی ئیسرائیلیەکان هەر ملیان پێچ ئەداو لە ئەنجاما وتیان : ئەگەر حوجەتو بورهانێکت ببێ لەسەر پاشایەتی طالووت قەبوولی ئەکەین بە پاشا ، وە ئەشمەویل لە خودا پاڕایەوە بۆ بورهانێ کە ئیقناعیان بکا خودای تەعالا فەرمووی : بورهانیان ئەوەیە ئەو تابووتە کە هۆی نەسرەتیان بوو لەسەر دوژمن ، وە ئیستە لای دوژمنەکانە ئەینێرمەوە بۆیان . ئەشمەویل ئەم فەرموودەی خودایە بۆ گێڕانەوە وەکو خودا ئەفەرموێت :

﴿ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ : إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَئِكَةُ ﴾ :

پێغەمەرەکەیان کە ئەشمەویل بوو فەرمووی پێیان : نیشانەی ریاسەتو پاشایەتی (طالووت) ئەمەیە : ئەو سندووقە کە لەلای حەزرەتی مووسا بووو دوژمنەکان وەریان گرت لێتان لەم رۆژانەدا بێتەوە بۆ لاتان کە لەو سندووقەدا هەیە ئارامی دڵو گیانی ئێوە لەبەر ئەو یومنو پیرۆزییە کە لەلایەنی خودای ئێوەوە هەیە لەگەڵ ئەو سندووقەدا . وە لەو سندووقەدا هەیە بازێ پاشماوەو ئاثاری پیرۆزی وا کە ئالی مووسا پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە . وەکو عاساو بەرگ و پۆشاك ، وە دوو لەوح لە تەوراتی حەزرەتی مووسا . وە عاسای هاروونو

بەرگێو پۆشاکی ئەویش . وە ئەم تابووتە مەلائیکە هەڵی ئەگرێت لەناو دوژمنەکانو ئەوان پێی‌نازانن ·

﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ :

(٢٤٨)

وە لەم کارە گەورەدا کە رووئەدا نیشانەیەکی زۆر گەورە هەیە لەسەر تەوانایی خوداو پیرۆزی پێغەمەرەکانیو پاشایەتی (طلووت) ئەگەر ئێوە ئیمانو باوەڕتان ببێ ·

بزانن ! لەم تابووتەدا زاناکان گەلێ قسەیان‌کردووە ، نزیکەکەیان ئەمەیە : کە سندووقێکی تایبەتی حەزرەتی مووسا بووە ، وەختی خۆی حەزرەتی مووسا تەوراتی داناوە لەناویا ، وە پاش وەفاتی حەزرەتی مووسا بازێ ئاساری حەزرەتی مووسایشیان داناوە لەناویا ؛ وەکو : عاساو ، عەمامەو ، پۆشاکی خۆی ، هەروا عاسای حەزرەتی هاروونو بازێ بەرگی ئەویشی تیا بووە · بە هەرحاڵ ئەم سندووقە شتێکی نایابو پیرۆز بووە لەناو بەنی ئیسرائیلیەکاندا ·

ئەگێڕنەوە لەپاش حەزرەتی مووسا ، واتە لە زەمانی (یوشع)ەوە لە پاش ئەوە هەرکاتێ بەنی‌ئیسرائیل شەڕیان بکردایە لەگەڵ دوژمنەکانیانا ئەو سندووقەیان ئەهێنا لەپێشی سوپاکەوە ئەیان‌برد ، وەکو ئاڵای ئیمڕۆ ، وە کاتێ کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئەیان‌بینی سەکینەو ئارامێکی رۆحی بەسەریانا ئەهات ، بە نەوعێ کە گیانی خۆیان لەبیر ئەچووەوەو ئەکەوتنە جەنگەوە . وە خوادیش نەسرەتی ئەدان بەسەر دوژمنەکانیانا ·

ئەم وەزعە دەوامی کرد تا دەوری ئاخری حکوومەتێ لـــە حکوومەتەکانیانا وە خەڵکـــی گیرۆدەی گــوناهو تاوان بوون ئەمجار ئەو بەرەکاتو ئاثارە قەدیمەی سندووقەکە نەمـا رۆژی لە جەنگی ئیسرائیلی لەگەڵ عەمالیقەدا دوژمنەکان هاتن ئـــەو سندووقەیان گرتو بەتاڵان بردیان ، وە لەلای ئەوان مایەوە ، وە ئیسرائیلیەکان کەوتنە پاشەوە ، تا خودا ئەشمەویلی نارد کردی بە پێغەمەر لەسەریان ، وە بازێ پیرۆزیو بەرەکاتی ئەویـــان بینی . جا داوایان لێکرد کە داوا بکا لەخودا پاشایەکیان بـــۆ رەوانە بکا هەتا وەکو جاری جاران جیهاد بکەن ، وە لە ئەنجامی پاڕانەوەی حەزرەتی ئەشمەویلدا خـــودا ئـــەمری پێکرد کـــە طالووت بکا بە پاشایان ، کە ئەشمەویل ئەم باسەی کرد ئەوانـە کەوتنە ملبادان داوای بورهانیان کرد لە ئەشمەویل ، ئەویش خودا وەحی بۆ کرد کە نیشانەیان ئەوەیە : ئەو ســـــندووقە وا لەناو دوژمنەکانا خودا ئـــەمر ئەکا بە مەلائیکە هــەڵی بگرنو بیهێننەوە وە لەناو بەنیئیسرائیلدا دایبنێن • وە فیعلـــــەن ئەڵێ : بەنی ئیسرائیلیەکان چاویان لێوە بوو کە ئەو سندووقە لە مەلائیکە بە ئەمری خودا هێنایانەوە بۆیان • جا لە بازێ ریوایەتا ئاسمانەوە ئەهاتەخوارەوە هەتا داکەوت لە ناویانا ، واتـــــە فریشتەکان ئەو سندووقەیان بەرزکردووەتەوە بـــۆ هەوا رە لەوێوە دایانبەزانەوە بۆ عەرز وە لە ناویاندا دایان ناوە •

وە بازێ ریوایەت ئەڵێت : شەوێ نوستبوون کە سبەینـــێ رۆژیان لێبووەوە تەماشایانکرد ئەو سندووقە لە مەعبەدەکەیانا دانراوە •

وە لە بازێ ریوایەتا ئەڵێ : ئەو قەومە کە سندووقەکەیان لابوو گیرۆدە بوون بە گەلێ ناساغیو نابوودیو بڕیاریاندا ئەو دەردانەیان لە شوومـــی داگیرکردنی ئـــەو سندووقەیە ، جـا عارەبانەیەکیان بەست بە جووتێ گاوەو سندووقەکەیان هاویتە ناویو ئەمریان کرد بە دوو مەئموور ، ئـــەو جووتە گــــاو عارەبانەیان بردەوە هەتا نزیکی ئاوەدانی بەنیئیسرائیلیەکـان وە لەوێ خۆیانگەڕانەوەو خەڵکی ئاگاداربوون لە عەرەبـــــەو گاکانو بردنیانەوە بۆ ناو ئاوەدانیەکەیان ٠

بەهەرحاڵ لەکاتی ئەم پرسیارو جوابـــی بەینی بەنـــی ئیسرائیلو ئەشمەویلەدا (د) ئەو سندووقە گەیشتەوە دەستیانو دڵموتمەئین بوونو دانیان نا بە پاشایی طالووتدا ٠

وە دەرکەوت لەم بەیانەوە کە سەکینە کە بریتی بووە لەو رۆحو دڵگەرمییە کە بەسەر بەنی ئیسرائیلیەکانا هاتووە لـــە کاتی چاوپێکەوتنی ئەو سندووقەدا وەکو هەر قەومێ کە ئاسارو موخەلەفاتی گەورەی خۆی ببینـــێ دڵی گـــەرم ئەبێو حاڵـــی ئەگۆڕێو خۆی لەبیر ئەچێتەوە ٠ وەکو لە هەموومانەوە دیارە ٠

جا پاش ئیعتیرافکردن بە پاشایی طالووت سوپایەکیـــان رێكخست بە ریاسەتو قیادەی طالووتو هاتن بۆ سەر عەمالیقە، کە قەومێ بوون لە نزیکی دەریای ئەحمەرو خەلیجی عەقەبەدا ، کە لەو کاتەدا ئەوان لەو وڵاتەدا فەرمانڕەوا بوون وە وەختی خۆی وڵاتی بەنی ئیسرائیل بووبو وە ئەمانە داگیریان کردبوو ٠ جا بە تەبیعەتی حاڵ پێویست بـــوو کـــە لـــە نەهری ئەردەن بپەڕێنەوەو رووبەڕووی ئەو قەومە دوژمنە بڕۆن بۆ جەنگ ،

وه کاتێ سوپاکه رێکەوت . ئەگێڕنـــەوه ، که طالووت چاوی کەوت بە (داوود) کە کوڕێکی بە نیشاطو خاوەن هێز بـــوو ئەمری کرد ئەویش بکەوێتە ناو سوپاکەو لەگەڵیانا بێت ٠ وه له ریوایەتێکا ئەڵێن : (ئیشـــا) باوکـــی حەزرەتی داوود لەناو سوپاکەدا بوو لەگەڵ شەش کەس لە کوڕەکانیـــدا ، وه داوود شوانی مەڕوماڵیات بوو ، وه نەهاتبوو لەگەڵیاو خودا وەحـــی کرد بۆ ئەشمەویل ئەمر بکا بە طالووت کە داوود لەگەڵ خۆیـــا ببا بۆ ئەو شەڕە ، جا طالووت ئەمری کردو هێنایان لەگـەڵ خۆیانا ٠

﴿ فَلَمَّا فَصَلَ طالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ : إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ ﴾ :

جا کاتێ طالووت بە سوپاکەیەوه دەرچوو لە وڵاتی خۆیو رووی‌کردە وڵاتی دوژمن فەرمووی بە ئەفرادی سوپاکەی : کـه خودای تەعالا بەراوردی ئیخلاص‌و ساغی ئێوه ئەکا بـە ئـاوی روبارێ کە وا لە رێگەمانا ٠ (قەتادە) ئـەڵێ : ئـــەو روبارە روبارێ بووە لـــەناو بەینـــی وڵاتی بەنی ئیسرائیل‌و نەهری ئەردەندا ، وه بازێ ئەڵێ هەر روباری ئەردەن بوو ٠

﴿ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَـــمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّـــي إِلَّا مَـــنِ اغْتَرَفَ غُرْفَـــةً بِيَدِهِ ﴾ :

واتە : هەرکەسێ لە ئاوی ئەو روبارە بخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندا نیە ، وه هەرکەسێ لێی‌نەخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندایە ئیللا

کەسێ کە لالەوێچێ بە دەستی خۆی هەڵبگرێو دەمی پێ تـــەڕ بکـــا ٠

﴿ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِنْهُمْ ﴾ :

کەچی لەگەڵ ئەم فەرمانەیشدا هەموو لایاندا لە فەرمـانو لە ئاوی روبارەکەیان خواردەوە ئیللا چەن کەسێکی کەم نەبـێ لەو سوپایە ٠

﴿ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا: لا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ ﴾ :

جا کاتێ کە رابورد لە روباری ناوبراو طالووتو ئەوانـە لەسەر بیرو باوەڕی ئەوبـوونو موخالەفەیان نەکردبوو کــە ژمارەیەکی کەم بوون لە کۆمەڵەی سوپاکـــەی طالووت وتیان : ئیمڕۆ ئێمە تاقەتو تەوانای جەنگمان نیـــە لەگەڵ جالووتو سوپاکەیا لەبەر زۆری ئەوانو زۆری ئەسبابی جەنگیانو کەمی خۆیان ٠

ریوایەتکراوە کە سوپای طالووت ، ئەوەی کە لەســەر فەرمانی طالووت بوون ، سێهەزار کـــەس بوونو سوپـای دوژمنەکان لە دەوری سەدهەزار کەسا بوون ٠

﴿ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلاقُوا اللهِ : كَمْ مِنْ فِئَةٍ قليلةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللهِ ؟ ﴾ :

وتیان ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە کە باوەڕی بەهێزیان لەسەر ئەوە بوو کە قیامەت هەیەو ئەوانیش بە حوزووری خودا ئەگەن: زۆر سوپای کەم زاڵبوون بەسەر سوپای زۆرا بە یارمەتی خودا٠

﴿ وَاللهُ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ (٢٤٩)

وه خوداى تەعالا لەگەڵ ئەوانەدایە کە خۆگرن‌و سەبر ئەکەن لەبەر فەرمانى خوداو ئازارو ئەقدارى ئەوا •

﴿ وَلَمَّا بَرَزُوا لِجالُوتَ وجُنُودِهِ ﴾ :

جا کاتێ کە دەرکەوتن لەبەر چاوى جالووت‌و سوپا زۆرەکەیا •

﴿ قَالُوا : رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْراً ﴾ :

وتیان : ئەى پەروەردگارى زاناى تەواناى ئێمە سەبرو خۆگرتن‌و ئارامێ لە ئاسمانى کەرەمى خۆتەوە ببارێنە بەسەر دڵمانا •

﴿ وَثَبِّتْ أَقْدامَنَا ﴾ :

وه پێمان دامەزراو بکە لە شوێنى خۆیا هەتا رانەکەین •

﴿ وانْصُرْنَا عَلَى القَوْمِ الكَافِرِينَ ﴾ (٢٥٠)

وه زاڵمان بکە بەسەر ئەو کۆمەڵە کافرەدا •

﴿ فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللهِ ﴾ :

جا سوپاکەى طالوت سوپاى جالوتیان شکاند بە یارمەتى خودا •

﴿ وَقَتَلَ دَاودُ جالُوتَ ﴾ :

وه داوودى کوڕى ئیشا جالوتى پاشاى عەمالیقەى کوشت •

﴿ وَآتَاهُ اللهُ المُلْكَ وَالحِكْمَةَ ﴾ :

وه خودا پاشایی بەنیئیسرائیلو حیکمەتو ماریفەت لــە کەشفی ئوموورى موهیمەدا بەخشینی بە داوود • وە بازێ ئەڵێن مەبەس لە حیکمەت پایەی نوبووەتو ریسالەتە •

لە واقیعا وەختێ خۆی پایەی پاشایەتی لە نەتەوەی (یەهوذا)ی کوڕی یەعقووبو پێغەمەرایەتی لە نەتــەوەی (لاوی) کــوڕی یەعقووبدا بوو ، وە لەم ئاخـــرەدا پایـــەی پاشـــاییو مایەی پێغەمەرایەتی هەردوویانی دا بە حەزرەتی داوود کە لە نەتەوەی یەهوودا بوو •

﴿ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ ﴾ :

وە لە هەرچی نەوعە فەننێ کە خۆی ویستی تالیمی داوودی کردو پێی زانان ، وەکو فەننی زرێو تاسو کڵاو دروستکردنو غەیری ئەوانە •

﴿ وَلَوْلا دَفْعُ اللهِ النَّـــاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الأَرْضُ ﴾ :

وە ئەگەر ئەوە نەبوایە کە خوای تەعالا چاری بازێ ستەمکار بە بازێ کەس بکات عەرز وا بە فەسادا ئەڕۆیی قابیلیەتی هیچی تێدا نەمێنێ •

﴿ وَلٰكِنَّ اللهَ ذُو فَضْلٍ عَلَـــى العَالَمِينَ ﴾ : (٢٥١)

بەڵام خوای تەعالا فەزڵو رەحمەتی زۆرە بەسەر عالەمدا ، مەجالی ئەوە نادا کە عالەم هەمووی بەفەسادا بڕوات •

﴿ تِلْكَ آيَاتُ اللهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ ﴾ : (٢٥٢)

ئەوەی کە ناردنمانە خوارەوە لەبۆ تۆ هەموو ئایاتی خودا بوون ، وە ئەیانخوێنینەوە بەسەر ئێوەدا لەسەر زمانی جوبرەئیل (د) بە شێوەیێ کە راست بێو موافیقی واقیع بێ ، وە بە راستی تۆیش بزانە کە تۆ لەو رەهبەرانەی کە رەوانەکراوی بۆ سەر هەموو جینو ئادەمیزاد ، بۆ ئیرشادکردنیانو شارەزاکردنیان بۆ رێگەی خودا بەیەكناسینو پایەداری لەسەر کردەوەی پاكو لەسەر خووو رەوشتی چاك ، وە هەر کەسێ ئەم رێگەیە وەرگرتبێ بە سەلامەتیو ئارام ئەڕوا بە رێدا هەتا ئەگاتە ئەنجامی پیرۆزی هەتاهەتایە ٠

جا لەم باسەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : لە حیکمەتی ئەو مەنعی ئاوخواردنەوەی ئەفرادی سوپایە لە جانیبی طالوتەوە فەرموویانە : خەڵکەکە زۆر لە حاڵەتی نابارو رۆژێکی گەرما بوون ، وە ئەگەر مەیدانی ئاسایشو ئاو خواردنەوەیان ببوایێ بڵاوەیان ئەکرد بەو قەراخی روبارەداو لەوانە بوو کە دوژمن هێرش بێنێتە سەریانو بیانفەوتێنێ ٠ وە یاخود ئاوی ئەو روبارە ئاوێکی قورسو سوێر بووە ئەگەر زۆریان بخواردایەتەوە لەوانە بوو زۆر کەسیان گیرۆدەی ناساغی میعدە ببنو هەم ببێ بەهۆی زاڵبوونی دوژمن٠

بەلام بازێ فەرموویانە : راستەکەی ئەمەیە کە ئەفرادی سوپا تا بە تەواوی نەڕۆنە ژێر فەرمانەوەو خۆیان تەسلیم نەکەن

به فەرماندەی سوپا جەنگیان پێناکرێو زاڵ نابن بەسەر دوژمندا وە لەو کاتەدا بوو ئـەو سوپایـە ئاو بەکارهێنان لـە گەورە ئارەزوویان بوو • جا طالووت ویستی سـاغیو فەرمانبەری سوپاکەی بەوە بەراورد بکا کە مەنعی ئەو ئاوەیان لێ بکا ، وە فیعلەن دەرکەوت کە عەدەدێ کەمیان نەبـێ کەس ئیطاعـەی نەکردو لەوانە بوو ئەگەر یارمەتی خودا نەبوایە دوژمنەکە زاڵ ئەبوو بە سەریاناو لەناوی ئەبردن •

وە عەلاوەی ئەمانە زاڵبوونی سوپا بە زۆری ژمارە نیە ، بەڵکو بـە هێـزی دڵو ئیخـلاصو جەنگـی بیروباوەڕە • بەراوردکراوە هەر کۆمەڵێ لەسەر بیروباوەڕ چووبێتە مەیدانەوە زاڵبووە مەگەر لەبەر خەتایێ لە یاسای جەنگەکەیانا یا کـەمو کووڕی لە چەکیانا ، کەوابێ هەزار کەسی خاوەن باوەڕ لـە دە هەزار کەسی بێباوەڕ بەسوودترە ، وە فیعلەن وەهایش بوو بەو ژمارە کەمەوە ئەوان لە شەڕی عەمالیقەدا غاڵب بـوون • وە ئەصحابی حەزرەت (د) لە واقیعەی بەدرا زاڵبوون بەسـەر دوژمنەکەیانا •

قسەی دووەم : باسی داوودە ، بازێ ئەڵێن : لەسەر فەرمانی ئەشمەویل طالووت داوودی برد بۆ جەنگو پێـی وتبوو کـە جالووت ئەکوژێو تۆیش ئەبێ کچی خۆتی پێبدەی ؛ چونکـە پیاوی وا بـۆ فەرمانداری سوپا ئەشێو لـە ئەنجاما ئەبـێ فەرمانداری ئەو سوپای تۆیە بێ •

وە بازێ وتوویە : هەر طالووت خۆی ئەمری کرد جاڕیان دا بە سوپاکەدا هەرکەسێ جالووت بکوژێ کچـی خۆمی پێئەدەمو

ئەیکەم بە فەرماندارى سوپا · بەهەرحاڵ کاتێ کـــە داوود (د) جالووتی کوشت ، داوود مەشهوور بوو لە ولاتاو طالووت کچــى خۆى پێدا ، بەلام لە ئەنجاما کەوتە بـــەدگومانى لــــە داوودو فەرمانى بێجێکردن هەتا طالووت عەزلکرا یا خۆى ئیستیقالەى کرد ، وە داووديان لە جێگەدا دانا لەبەر کەرامەتو ئەخلاقـــى بەرز وە خودايش ريسالەتى پێداو بوو بە گەورەى دینو دونیا · (يختص برحمته من يشاء والله ذو الفضل العظيم) ·

جا پاش ئەوە خوداى تەعالا باسى حەزرەتى داوودى کردو بە موناسەبەى ئەوەوە باسى مووساو هاروونیش هاتە پێشەوە ·· خودا بۆ ئیشارە بۆ لاى جەماعەتى ئەو پێغەمەرانە فەرمووى :

﴿ تِلْـــكَ الرُّسُـــلُ فَضَّلْنَا بعْضهُمْ علَـــى بَعْضٍ ﴾ :

ئەوە جەماعەتـــى پێغەمەرانـــە بازێکیانمان تەفضیلداوە بەسەر بازێکیانا ·

﴿ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللهُ ﴾ :

لەو پێغەمەرانەیە کەسێ کە خوا قسەى لەگەڵکردووە بـــە بـێ واسیطەى فریشـــتە ، وەکو حەزرەتى مووسا لــــە کێوى (طور)داو ، حەزرەتى (محمد المصطفى) لەشەوى میعراجا ·

﴿ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ ﴾ :

وە بازێکیانى بەرزکردووەتەوە بەسەر باقیەکانا بەچــەن پلەو پایە وەکو حەزرەتى محەمەد لە پایەکانى دەعوەتو عومووومى دەعوەتو دەوامى دینو دەرەجاتى میعراجا خودا بەرزىکردەوە ·

﴿ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ ﴾ :

وه داومانه بەعیسای کوڕی مەریەم چەن موعجیزەی گەورەی وەها کە ئەبن بە شاهید لەسەر ئەوە پێغەمەری خودایە ؛ وەکو قسەکردنی لە بێشکەداو خۆشەوەکردنی کوێری سکووماو ئینسانی بەڵەكو زیندووکردنەوەی مردوو ، وە هێزمان پێدا بەهۆی جوبرەئیلەوە (د) وە ئەم پێغەمەرانە هەموو تێکۆشین بۆ تەمێو تەربیەتی ئادەمیزادو تەوجیهیان بۆ تەوحیدی خوداو عیبادەتکردن بە ئیخلاص بە هۆی ئەو موعجیزاتەوە کە چاویان پێیکەوتو حەقیان وابوو لەسەر یەکێتیو پاکی دل بمێننەوە ، کەچی پاش ئەوان دەستیانکرد بە ئاشووب لە بەینی خۆیانا ٠

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ :

وە ئەگەر خودا ئیرادەی بکردایە کە ئارامبن ئەوان جەنگیان نەدەکرد پاش نەمانی پێغەمەرەکان لەناویانا لە پاش ئەوە کە موعجیزاتیان بۆ هات ٠

﴿ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا ﴾ :

بەڵام ئیختیلافیان تێکەوت لە بیرو باوەڕا ٠

﴿ فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ ﴾ :

بازێکیان هەر دەوامیان کرد لەسەر ئیمان ، وە بازێکیان وەرگەڕانەوە لەدین . یاخود بازێ لەوانە کە پاش پێغەمەرەکان پەیدابوون ئیمانیان هێنا بەو پێغەمەرانە کە باوكو باپیرەیان

ئیمانیان پێ‌هێنابوون ، وه بازێکیان ئیمانیان نه‌هێنا ·

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللهُ مَا اقْتَتَلُوا ﴾ :

وه ئه‌گه‌ر خودا مه‌یلی ببوایه که هه‌موو دۆستی یه‌ك بن ئه‌یتوانی وایان لێ‌بکا شه‌ڕنه‌که‌ن ·

﴿ وَلَكِنَّ اللهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴾ : (٢٥٣)

به‌ڵام خودا هه‌رچی ویست ئه‌وه ئه‌کا ·

له‌م جێگه‌دا چه‌ن باسێك هه‌یه :

یه‌که‌م : ئه‌م ئایه‌ته نه‌صه له‌وه‌دا که خودای ته‌عالا بازێ له پێغه‌مه‌رانی فه‌زڵداوه به‌سه‌ر بازێکیانا ، وه ئیشاره‌تی کردووه بۆ هۆی ئه‌و فه‌زڵه به بازێ شت ، وه‌کو ئه‌وه که خودای ته‌عالا به بێ‌هۆی فریشته قسه‌ی له‌گه‌ڵ بازێکیانا کردووه ، وه بازێ پایه‌ی پێداون ، وه موعجیزاتی به عیسای کوڕی مه‌ریه‌م داوه · بۆ ئه‌وه که بزانین پێغه‌مه‌ره‌کان ـ سه‌لامی خوایان له‌سه‌ر بێ ـ له حه‌قیقه‌تی نوبووه‌تو ریساله‌تا فه‌رقیان نیه‌و فه‌رق‌و جیاوازی له ئه‌حواڵو سیفاتایه · چونکی مه‌عنای نوبووه‌ت ئه‌وه‌یه که ئه‌و زاتانه خه‌به‌ردار ببن له ئه‌مرو نه‌هی خودا وه ئاداب‌و فه‌رمانیان له‌لای خوداوه بۆ بێ ؛ خواه ئه‌مریان پێ‌کرابێ ئه‌و ئادابه بگه‌یه‌نن به خه‌ڵك یا ئه‌مریان پێ‌نه‌کرابێ · وه له‌م مه‌عنادا کۆمه‌ڵه‌ی ئه‌نبیا هیچ فه‌رقیان نیه ·

هه‌روا ریساله‌ت ئه‌وه‌یه که خودای ته‌عالا ئینسانێ

هەڵبژێرێ لەناو ئادەمیزادا لە پیاوانی تـــازادو خاوەن خووو رەوشتی باش بۆ ئەوە کە ئادابی بۆ رەوانە بکا ، وە کتێبی بۆ نازڵبکاو ئەمریشی پێ بکا کە ئەو ئادابە بگەیەنێ بـــە باقـــی ئادەمیزاد ، وە لەم مەعنای ریسالەتەیشـــا فەرقـــی رەسوولە فروستادەکان نیە ، وە فەرقێ کە ببێ لە بازێ سیفاتایە وەکـــو باسی ئەکەین ٠

مەسەلا مەشهوورە کە فروستادەکان واتە : ئەو رەهبەرانە کە رەوانەکراون بۆ سەر ئادەمیزادو فەرمانیان پێدراوە بـــە تەبلیغات ، گەورەترن لەو کەسانە کە ئادابەکە هـــەر بۆ خۆیان بووەو ئەمریان پێنەکراوە بە تەبلیغات لەبەر ئەوە ئەمانە بـــە هۆی تەبلیغاتو راگـــەیاندنی ئەحکامـــەوە زەحمەتیان زۆر کێشاوەو سوودیان بۆ ئادەمیزاد زۆر بووە ٠

وە لەناو ئەم فرستادانەدا ئەوانەیان کە زەحمەتیان زۆرتر بووە کە ناسراون بە (أولو العزم) گەورەترن لەوانە کـــــە زەحمەتیان بەو پایە نەبووە ، ئەمانـــە پێنج کـــەسن : نووح ، ئیبراهیم ، مووسا ، عیسا ، (محمد المصطفى) ، سەلامی خوایان لێبێ هەتاهەتایە ٠

وە لەناو ئەم پێنج کەسە (أولو العزم)ەدا حەزرەتی (محمد المصطفى) لەهەمووان گەورەترە لەبەر چەن دەلیل :

یەکەم : خودا فەرموویەتی بە حەزرەتی محەمەد (د) : (وما ارسلناك الا رحمة للعالـمین) ، وە مادام کـــە هۆی رەحمەتو میهرەبانی خودابێ بۆ هەموو عالەم پێویستە کە لەهەموو عالـــەم گەورەتر بێ ٠

دووەم : ناوی حەزرەتیشی کردووە بە رەفیقی ناوی خۆی لە دوو کەلیمەی شەهادەتو ئیمانا وە لە بانگدانا وە لە تەحیاتا ، وە باقی پێغەمەران وانەبوون ٠

سێهەم : ئیطاعەتی پێغەمەری کردووە بە ئیطاعەتی خـــۆیو فەرموویەتی : (ومن یطع الرسول فقد اطاع الله) ، وە بەیعەت کردن بە حەزرەتـــی کردووە بە بەیعـــەتکردن بەخـــۆیو فەرموویەتی : (ان الذین یبایعونك انما یبایعـــون الله) ، وە رەزای کردووە بە رەزای خۆیو فەرموویەتی : (والله ورسوله أحق أن یرضوه) واتە : خوداو پێغەمەری خودا شیاوترن لـــە هەموو کەس بۆ ئەوە کە رازییان بکەن لە خۆیان وە ئیستیجابەو فەرمانداری پێغەمەری کردووە بە ئیستیجابەو فەرمانبەرداری بۆ خوداو فەرموویەتی : (یا أیها الذیـــن آمنوا استجیبوا لله وللرسول) ٠

چوارەم : موعجیزەی حەزرەت (د) وەکـــو قورئـــان بـــێ ئەمێنێتەوە تا دەوامی دنیا ، وە موعجیزاتی باقی پێغەمەران (د) لەپاش خۆیان نەماوەتەوە ٠ وە (بالطبـــع) هـــەرکەسێ دەلیلی ریسالەتی دەوامدارتر بێ ئەو پایەی بەرزترە ٠

پێنجەم : مادام ئەندازەی سوورەتی (کەوثەر) کە ســـێ ئایەتە بە موعجیزەیەك ئەژمێررێ ئەبێ هەموو قورئانی پـــیرۆز بگات بە ئەندازەی دوو هەزار موعجیزەو شتێ زیاتر ؛ چونکـــی قورئان شەش هەزارو کوسوور ئایەتە ٠

شەشەم ئەمەیە : حەزرەت (د) رەوانەکراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیزادو پەری ، وە ئەمە موجیبی ئەوەیە کـــە مەشەقەتو

ئازاری زۆر بووبێ ، وه هەرکەس که مەشەقەتی زۆر بێ ئەجرو ثەوابی زۆرترەو فەزڵی زۆرتره ·

حەوتەم : ئەمەیە که ئوممەتەکەی لـــه هەموو ئوممەتــێ گەورەتره بە نەصی ئایەتی (كنتم خير أمة أخرجت للناس) ، وه گەورەیی ئوممەت باعیثه وه یا دەلیله لەسەر گەورەیی خاوەن ئوممەتەکه ؛ کەمالی تابیع فەرعی کەمالی مەتبووعه ·

هەشتەم : که موجاهید ریوایەتی کردووه له حەزرەتەوه (د) که فەرموویەتی : پێنج شتم پێدراوه که نەدراون به هیچ کەسێ له پێش منداو فەخریش ناکەم : (١) رەوانه کراوم بۆ ســەر رەش‌و سوورو له پێش منـدا هەر پێغـەمەرێ بـۆ کۆمەڵێ رەوانەکراوه · (٢) عەرز هەموو کراوه به مزگەوت بۆ مــن‌و گڵەکەی کراوه بــه هــۆی تەیەموم‌و باعیثی طەهــارەت · (٣) یارمەتیم دراوه بەوه که له ماوەی یەك مانگه رێگه دوژمــن لێم‌ئەترسێ · (٤) هــەر تالانێ کــه بیگرین لـــه کافرەکان حەڵاڵکراوه بۆ ئوممەتەکەم ، بەڵام ئەم تالانه حەڵاڵ‌نەکــراوه بۆ غەیری ئێمه له ئوممەتی عالەم · (٥) شەفاعەتم پێـدراوه ، واته تکاکردن له رۆژی قیامەتا بۆ تاوانباران · وه من ئــەو شەفاعەتەم هەڵگرتووه بۆ ئوممەتەکەم‌و (انشاء الله) ئەبێ به نصیبی هەر کەسێ که شەریکی بۆ خودا بڕیارنەدابێ ··· ئــەم دەلیلانەو گەلێ دەلیلی تریش ئەبن بەهۆی ئەوه که حەزرەت (د) له هەموو پێغەمەرەکان گەورەتر بێ · به تایبەتی دەوامـــی بەجێهێنانی ئادابی ئیسلام له ئەترافی عالەمی ئیسلاما له هەموو

مزگەوت‌و جامیعێ ، وە لە هەموو خانووو نیشتمانێ ، وە لە هەموو چۆڵ‌و ئاوەدانییەکدا لە هەموو کاتێکدا لە سەرماو لە گەرمادا لە خۆشی‌و لە ناخۆشیدا ، وە دەوامی ئەمر بە مەعرووف‌و نەهی لە مونکەر بە قەی تەواناى زاناکان‌و دەوامی خوێندنەوەی ئەو کتێبە کە خودا کردوویەتی بە سەرچاوەی ئیسلام وەکو قورئانی کەریم ... ئەمە گەورەتر دەلیلە بۆ ئینسانی بە ئینساف کە ساحێبی ئەم دینە وە پێغەمەری ئەم پەیغامە لە باقیەکان گەورەترە .

جا پاش ئەوە بە ئایەتی قورئان دەرکەوت کە بازێ لەم پێغەمەرانە گەورەترن لە باقی پێغەمەران‌و بە ئەدیللەی نەقلییە‌و عەقلّییە دەرکەوت کە حەزرەتی محەمەد (د) لە باقی پێغەمەران گەورەترە ئیتر واجبە ئەو حەدیثانە کە مەنعی فەرقیان کردووە لە بەینی پێغەمەرانا وە ئەو ئایەتانەیش کە مەنعمان ئەکەن لە فەرق‌خستن مەعناکەیان بخرێتە سەر مەنعی فەرقکردن لە ناویانا لە ئازاری زۆر بووبێ ، وە هەرکەس کە مەشەقەتی زۆر بێ ئەجرو حەقیقەتی نوبووەت‌و ریسالەتا ؛ چونکی لەم حەقیقەتەدا ، ئەبەدا، فەرقیان نیە هەرچەن لە سیفاتاو لە پایەی کردەوەو خزمەتکردنی ئادەمیزادا وە یا لە گەورەیی‌و دەوامی موعجیزەکاندا فەرقیان ببێ .

مەسەلا موعجیزەیێ وەکو قورئان کە تا رۆژی قیامەت دیارەو کەس ناتوانێ وێنەی ئینشا بکا وە عوموومی دەعوەتی پێغەمەر (د) بۆ ئەفرادی خاوەن‌هۆش لە جیهانا ئەمە گومان نایەڵێ لە دڵی هۆشیارا کە (محمد المصطفى) ئەشرەفی پێغەمەرانی جیهانە .

وە یا مەعنای ئەو مەنعی فەرقە ئەوەیە کە ئینسان دەستی

کرد بە فەزڵدانی پێغەمەرێ بەسەر باقیەکانا جاربەجار ئینسان گیرۆدەی بێئەدەبی ئەبێ لەگەڵ بازێ لەوان وە ئەمەیش ـ پەنا بە خودا ـ ئینسان رائەکێشێ بۆ کوفری رووت •

باسی دووەم : لە عورفی دینا (نەبی)و(رەسوول) واریدن‌و ئەبێ مەعنایان بزانین • جا فەرموویانە : نەبی پیاوێکی ئازادی هۆشیارە لە ئادەمیزاد کە شەریعەتی بۆ هاتبێ لەلای خـوداوە ، خواە فەرمانی پێدرابێ بە گەیاندنی بەعالەمدا یا نە•وە رەسوول پیاوێکی ئازادی هۆشیارە لە ئادەمیزادا کە کیتابی هەبێ لەلای خوداوەو فەرمانیشی پێدرابێ بە گەیاندنی بە عالەما ، خواە ئەو کیتابە سەربەخۆ بۆ خۆی هاتبێ وەکو تەورات بۆ مووســــاو ئینجیل بۆ عیساو قورئان بۆ محەمەد (د) ، وە یاخود بۆ پێغەمەری پێشوو هاتبێ بەڵام ئەمر کرابێ کە ئەویش بەو کیتابە رەفتار بکا ، وەکو تەورات بە نیسبەت پێغەمەرەکانی بەنی‌ئیسرائیل کە لە بەینی مووساو عیسادا هاتوون •

ژمارەی ئەنبیاو مورسەلین : بەریوایەتێ دوو صەدو بیست‌و چوار هەزار ، وە بە ریوایەتێ صەدو بیست‌و چوار هــەزارە ، بەڵام لەبەر ئەوە کە نەصی قەطعی نیە بۆ تەحدیدی عەدەد ئێمــە باسی ئەوەنە ئەکەین • وە مەشهوور وایە کە مورسەلین سێصەدو سیازدە کەسن ، بەڵام زاهیری ئایەتی قورئان (منهم من قصصنا عليك ومنهم من لم نقصص) واتە : لەو پێغەمەرانەیە کەسێ کە باسمان‌کردووە بۆ تۆ ، وە لەوانەیە کەسێ کە باسمان نەکردووە• ئەمەیە کە بووە لەو پێغەمەرانە کە ناو نــەبراوەو باس‌نەکراوە بۆ پێغەمەر (د) ؛ چونکی ئەم جیهانە گەلێ گەلێ پیرەو دنیا گەلێ

گۆڕانو ژێرو بانو تەڕو وشکی بەسەرا هاتووە . وە هەمـــوو پێغەمەرانی ئەم جیهانە چەن کتێبی پێویستە • وە ئەوەی کـــە پێویستە باسی ئەو پێغەمەرانەیە کە مەشهوور بوونو وڵاتیشیان نزیك بوون لە مەکەو مەدینەوە . وەکو ئەوانە خودا لە قورئاندا باسیکردوون •

هەروا ئایەتی : (وان من امة الا خلا فيها نذير) زاهـــیرە لەوەدا کە هیچ کۆمەڵە ئادەمیزادێ نەبووە لە جیهانا لە تازەو لە کۆنە ، وە لە چوار گۆشەی جیهانا وە لەناو کرۆکەیا ئیللا خودای تەعالا پێغەمەرێکی ناردووە بۆ سەریان کە موژدەیان پێبدا بـــە بەهەشتو بیانترسێنێ لە ئاگری دۆزەخ ، وە ژمارەی ئەمانە وا لە عیلمی زاتی خوای زانای خەبیرو بەسیرا •

وە لەو حەدیثەکە لە (رياض الصالحين) دا ریوایەتی ئەکا لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) کە حەزرەت فەرموویەتی : (عرضت علي الامم فرأيت النبي ومعه الرهيط ، والنبي ومعه الرجـــل والرجلان . والنبي وليس معه أحد ••• اذ رفع لي سواد عظيم ، فظننت انهم أمتي ، فقيل لي : هذا موسى وقومه ، ولكن انظر الى الافق ، فنظرت فاذا سواد عظيم ، فقيل لي : انظر الى الافـــق الاخر ، فاذا سواد عظيم ، فقيل : هذه امتك ومعهم سبعون ألفـــا يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب • الحديث ••• متفق عليه) لەم حەدیثەوە دەرئەکەوێ کە ژمارەی پێغەمەرەکان زۆر بوون بەڵام پەیڕەوانیان کەم بوون • بەهەر حاڵ ئەم پێغەمەرانـــــە هەرچەن بن خودا ئەیزانێ ، وە پێغەمەری ئێمە کە حەزرەتـــی (محمد المصطفى) یە خاتەمو ئاخر فەردی رەهبەرانەو لە پاش

ئەو رەهبەر نابێ ؛ چونکی مەبدەئی دینەکەی کە قورئانو فەرموودەکانی خۆیەتی لەگەڵ ئیذنو ئیجازەی ئیجتیهادی زانایانی بەرزی دین بەسە بۆ راگرتنی ئەم دینەو بۆ ئیدارەکردنی ئوممەت هەتاهەتایە •

وە مەعلوومە کە پێغەمەرەکان یانی خاوەن کیتابو خاوەن تەبلیغاتەکان ، خواه ژمارەیان سێصەدو سیازدەبێ یا زیاتر ــ لەو رەهبەرانە کە تەبلیغاتیان نەبووە بە هۆی ئەجری تەبلیغاتەوە• وە لەناو موبەلیغەکان پێنج کەسەی (أولو العزم) کە نووحو ، ئیبراهیمو ، مووساو ، عیساو ، محەمەد لەباقی پێغەمەران گەورەترنو لەناو ئەمانا حەزرەتی محەمەد بە دەلیلی نەقلیو عەقلی گەورەترە • وە ناوو ژمارەی رەهبەران کە لە قورئانو حەدیثا ناوبراون ئەمانەن : ئادەم ، شیث ، ئیدریس ، نووح ، هوود . صالح . ئیبراهیم ، لووط ، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقووب . یوسف . ئەیووب ، شوعەیب ، مووسا ، هاروون ، یوشع ، ئیلیاس ، ئەلیەسەع ، زولکیفل ، شەمعوون ، ئەشمەویل، یوونس . داوود ، سولەیمان ، زەکەریا ، یەحیا ، عوزەیر ، عیسا ، محمد ، (د) وە ئەو کتێبانە کە هاتوون بۆ پێغەمەرەکان صەدوچوارن : دە بۆ حەزرەتی ئادەم ، پەنجا بۆ شیث . سی (٣٠) بۆ ئیدریس ، دە بۆ ئیبراهیم ، ئەمە صەد • ئەم صەدە بە صوحوف ناو ئەبرێن • وە تەورات بۆ مووساو ، زەبوور بۆ داوودو ، ئینجیل بۆ عیساو ، قورئان بۆ (محمد المصطفى)ـدـ •

وه بازێ لەم کتێبانە کە هاتوونەتە خوار بۆ یەکێ لــەو پێغەمەرانە هەر ئەو کتێبە بەجێماوە بۆ ئەو پێغەمەرانە کە لـە پاش ئەویش بوون بە پێغەمەر ، وەکو تەورات نازڵبوود بـــۆ مووسا بەڵام لە دینی یوشعو شەمعوونو ئەشمەویلو بازێ تر لە پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیلدا هەر رەفتای پێکراوە • لەسەر ئەم یاسایە ئەو صەدوچوار کتێبە لەناو ئەو پێغەمەرانەدا بەشـــی کردوون •

﴿ يَا أَيُّها الّذِينَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يأْتِي يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ وَلا خُلَّـــةٌ وَلا شَفَاعَةٌ ، وَالْكافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ : (٢٥٤)

بزانن گرانترینی شت لەسەر دڵی ئادەمیزادا ئەمەیە کـــە نەفسی خۆی بکا بە قوربانی لە جەنگی کافرانا ، وە یا ماڵـــی خۆی سەرف بکا لەبۆ خەڵکی • جا خودای تەعالا لــــە پێشا فەرمانی دا بە جەنگکردن لە رێگەی خودادا ، وە پاش ئــەوە ئەمری کرد بە سەرفی ماڵو قەرزدان بە خودا ، وە پاش ئەوانە تەئکیدی ئەم باسەی کردەوەو فەرمووی : ئەی کەسانێ ئیمانو باوەڕتان هەیە بە خودا ! لەو ماڵەی کە من کردوومە بە ماڵـــی ئێوەو بە رزقو رۆزیتان سەرف بکەن چ بە شێوەی بەجێهێنانی واجبی زەکات یا بەجێهێنانی سوننەت ، وە زەکاتی ماڵی خۆتان بدەن بەوانە کە خاوەن حەقن ، وە بەو کەسانە کە هیچیان نیەو ماڵیان بە دەستەوە نیە لــە پێش هاتنــی ئــەو رۆژەدا ـ رۆژی قیامەت ـ کە نە بەیعو مامەڵەی تێدا هەیە ، وە نــە دۆســـتی بەکاردێ ، وە نە تکاکردنی کەسێ بۆ کەسـێ ، واتـــە غەیری

ڕەفتاری خۆت هیچ شتێ بەکار نایێ ئیللا ڕەحمی خودا نەبێ : چونکی ئیستیفادەکردن لە کەسێ یا بە هۆی موعامەلەو موبادەلەو گۆڕینەوەی شتێکە بە شتێك لە ئەموال، وە یا بە هۆی دۆستی کردنە لەگەڵ یەکێکدا ، وە یا بە هۆی تکاکردنەوە • لە ڕۆژی قیامەتا لەبەر هێرشی قاری خودا دۆست سەری دۆستی ناپەرژێو کەسیش مەیدانی تکاکردنی نیە ، وە ڕۆژی سەرفی ماڵو مادەیش نیە هەتا موعامەلە بکرێ • وە ئەم قارەیش لە ڕووی ئەوەوە نیە کە خودا ستەم بکا لە کەسێ یا لە قەومێ ، بەڵکو کافرەکانو نامەردەکان ئەوان خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کردووە • عەطا فەرموویەتی : حەمد بۆ ئەو خودا کە فەرموویەتی : (والكافرون هم الظالمون) وە نەیفەرمووە : (والظالمون هم الكافرون) •

ئیمام فەخرەدینی ڕازی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی : یاسای خودای تەعالا لە قورئانی کەریمدا وایە کە عیلمی تەوحیدو عیلمی ئەحکامو عیلمی قەصەص تێکەڵ ئەکا ، وە غایە لە باسی قەصەص عیبرەتگرتنە هەتا بەو جۆرە عیبرەتە عەقیدەو بیروباوەڕی ئادەمیزاد دامەزرێ ، وە یاخود بەدڵ ئەحکامی خودا بەجێ بێنێ •

جا لەبەر ئەوە لەمەوپێش خودای تەعالا گەلێ باسی ئەحکامی کردو بازێ قەصەصی بەنیئیسرائیلیشی نازڵکرد ئیستە کاتی ئەوە هاتووە کە باسی تەوحیدی خوداو سیفاتی زاتیو سیفاتی ئەفعالی خودا بکا ، وە فەرمووی :

﴿ أَللّٰهُ لا إِلٰهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴾ :

واته : ئەو زاتە کە ناوی (الله) یە هیچ کەسێ نیـــە عیبادەتی بۆ بکرێ بەڕاستی ئیللائەو نەبێ ، وە ئەو زاتـــە زیندووە بە زاتی خـۆی ، وە قەییومەو بــــە دەوام تەدبیری مەخلووقات ئەکاتو ئەیانپارێزێو ٠

﴿ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ ﴾ :

قەت نە خەوەنوچکە ئەیگرێو نە نوستنی عادەتی ، واتــە : بە کەم یا بە زۆر فەرامۆشی بەسەرا نایێ ٠

﴿ لَهُ مَا فِي السَّمٰوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ ﴾ :

وە موڵکی ئەوە ئەوەی وا لە جانیبـــی بەرزیەوە لــــە ئەستێرەکانو عەجایبی مەخلووقات ، وە ئەوەی وا لە جانیبـــی نزمیەوە لە مەعادینو نەباتو حەیوان ، واتە لە کانو گیـــاو گیانلەبەران ٠

﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ ؟ ﴾ :

ئەوە کێیە ئەو کەسە کە بتوانێ تکا بکا بەلای ئەوەوە لـــە بۆ تاوانبارێ یا خاوەنئازارێ یا نگونسارێ ئیللا بە ئیجـازەو ئیذنی خۆی نەبێ ؟

﴿ يَعْلَمُ مَابَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾ :

خودای تەعالا ئەزانێو زانایە بەو شتانە کــە وان لـــە بەردەمی ئەم جینو ئینسەدا وە ئەوەیش کە وان لە پشتیانەوە ، واتە ئەو شتانەی کە لەمەولا لە قیامەتا ئاگادار ئەبن بەسەریانا ٠

﴿ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاءَ ﴾

وه ئەم جینن‌و ئینسە ئیحاطە نادەن بە شتێ لە عیلم‌و زانستی خودادا یا بە مەعلومات‌و زانیاری ئەودا ئیللا بەو ئەندازەیە کە خواستی وایە ئیحاطەی پێدا بدەن •

﴿ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ ﴾ :

وه گوشادە کورسی خودای تەعالا بۆ هەموو ئاسمان‌و عەرز• خۆلاسە : عالەمی کورسی هەموو ئاسمانەکان‌و عەرز بە وشك‌و تەڕیەوە ئەگرێ بە تەواوی •

﴿ وَلاَ يَؤُدُهُ حِفْظُهُمَا ﴾ :

وه شانی عەزەمەتی خودا قورس ناکا پاراستنی ئەم دوو عالەمی ئاسمان‌و عەرزە •

﴿ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ : (٢٥٥)

وه بەڕاستی خودای تەعالا ئەوە پایەبەرزی وەها کە دەستی کەسی پێ ناگاو خاوەن‌گەورەیی‌و خاوەن شکۆی وەها کە هەرچی غەیری ئەوە بە نیسبەت بۆ لای ئەوەوە حەقیرەو بێ‌شان‌و بێ‌نیشانە بە نیسبەتی گەورەیی ئەوەوە •

موسلیم وئیبن‌و ماجەهـ ریوایەتیان کردووە لە کیتابی ئیمانا لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە (خ) : (قام فينا رسول الله بخمس كلمات ، فقال : ان الله عزوجل لاينام ولا ينبغي له ان ينام ، يخفض القسط ويرفعه ، يرفع اليه عمل الليل قبل عمل

النهار . وعمل النهار قبل عمل الليل ، حجابه النور ، لو كشفه لاحرقت سبحات وجهه ما انتهى اليه بصره من خلقه) ئەم ریوایەتە وەکو تەفسیری ئایەتی کورسی‌یە . واتە ، خودا نانوێ‌و شایاوی زاتی ئەو نیە بنوێ ، ترازوو بەرز ئەکاتەوەو دای‌ئەنەوێنێ ، واتە بۆ هەرکەسێ خواستی بێ رزقی زۆر ئەکاو هەر کەسێ خواستی بێ رزقی کەم ئەکا ، وە کردەوەی ئادەمیزاد لە رۆژا بەرزئەکاتەوە بۆ لای خۆی بەر لە کردەوەی شەوی دوایی . وە کردەوەی شەوی بەرز ئەکاتەوە بەر لە کردەوەی رۆژی دوایی . وە ئەو پەردەیە وا لەبەینی خوداو عیبادا لە نوورە . ئەگەر ئەو نوورە دەربخا نوورەکانی جەمال‌و جەلالی خودا هەتا چاوی کاربکا مەخلووق ئەسووتێنێ .

بزانن ! ئەم ئایەتە مەشهوورە بە (ئایەتی کورسی) لەبەر ئەوە کە ناوی کورسی تێدایە ، وە موفەسسیری مەشهوور بەیضاوی ئەفەرموێت : ئەم ئایەتە هەموو بیرو باوەڕی بە نرخی بابەتی خوداو سیفاتی خودای تێدایە : چونکە ئەوە ئەڵێ کە پەروەردگاری عالەم هەیەو تەنهایە لە خودایەتی خۆیداو هاوڕێ‌و هاوکارو هاوعیبادەتی نیەو وجوودی واجبەو لەوەوەیە تەئثیرو تەدبیر لە هەردوو عالەماو خاوەنی سیفاتی کەمالەو دوورە لە هەموو عەیبێ‌و دوورە لە فەوتان‌و تێکەڵبوون بەشتێ لەم جیهانەدا ، وە ئەوەی دێت بەسەر مەوجووداتاو ئەیگۆڕێ ئەو لەوانەوە دوورە . وە خاوەن تەسەڕرووف‌و هەیبەت‌و تەوانایی رەسایە ، هەرچی خواستی بێ هەر ئەوە ئەبێ‌و هەرچی خواستی لێ نەبێ نابێ ، وە شتێ نیە لە عالەما کە بەرانگاری ئەو

ببێو مەنعی بکا لە خواستی ، وە کەس تکاو رجای پێناکرێ بۆ کەس بە خواستی ئەو نەبێ ، وە بە هەموو شـــتێ ئەزانێ ، وە ئەو شتە نهێنانە ئەو ئەیزانێ کەس نیە لێیان بزانێ هەتا خـۆی ئاگاداریان نەکا وە هەر ئەوە خاوەن پایەی گەورەو پایەدار لــە هەموو دەورێکا •

وە لەم شوێنەدا پرسیارێ هەیە : ئایا فەرق هەیە لە بەینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزا لە پایەو مەقاما ؟ وە سیڕڕی ئـــەو فەرقە چییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموویان کەلامی خودان ، وە خودا ناردوونی بۆ پێغەمەر (د) ؟

وەلامی ئەم پرسیارە ئەمەیە : بەڵێ فەرق هەیە لە بەینـــی ئەو ئایەتانەدا • وە ئەمە بیروباوەڕی زانا بەرزەکانە لە ئەهـــلی کەلام ، وە باوەڕی قازی ئەبووبەکری ئیبنولعەرەبی لەســـەر ئەمەیە ، وە ئەو زاناگەورە بەقەدرانە کە فەرموویانە فەرقیان نیە مەبەس ئەوەبووە کە هەموو کەلامی خودانو مەبادا لــــە نیسبەتی گەورەیی بۆ بازی ئایەت گومانی بێپایەیی ببرێ بە بازی ئایەتو ئەمەیش دوورە لە ئەدەب •

وە قازی فەرموویەتی : سیڕڕی ئەم تەشریفە ئەمەیە شەرەفی (دال) بە شەرەفی (مەدلوول)ە ، وە گومان نیە لەوەدا کـــە ئەشرەفی مەدلوولات زاتی باری تەعالاو سیفاتی ئـــەوە ، وە ئەشرەفی عولووم عولوومی ئیلاهییەیە کە باسی زاتو سیفاتـــی خودا ئەکا چ سیفاتی سبووتیەی ، وەکو حەوت سیفەتەکانـــی (حەیات) و (عیلم) و (ئیرادە) و (قودرەت) و (سەمع) و (بەسەر) و (کەلام) کە ئیشارەیان بۆ ئەکرێ بە حورووفـــی

(أحق سبعك) • وه چ سیفاتی سەلبییەی وەکو (قیـــدەم) و (بەقا)و (وەحدەت)و (موخالەفەی حەوادیث) و (قیامـــي بالذات) ، یانی عەدەمی ئیحتیاج بە غەیر • وە لە نەصی ئایەتا تەشریفی سوورەتی فاتیحە کراوە بە جوملەی جەمیلەی : (ولقد آتیناك سبعا من المثانی والقرآن العظیم) ، واتـــــە : بەڕاستی لەگەڵ قورئانا حەوت ئایەتمان بەخشیوە بە تۆ کە بە دەوام لــە لایەنی موسوڵمانانەوە لە نوێژا دووبارە ئەکرێنەوە •

وە بوخاریو موسلیـــم ریوایەتیان کردووە حەزرەت (د) فەرمووی بە (ابی)ی کوڕی کەعب : ئەی ئوبەیی کامە ئایەت لە قورئانا لەلای تۆیە کــە گەورەتر بێ لە باقـــی ئایەتەکان ؟ ئەویش عەرزی کرد : (الله لا اله الا هو الحي القيوم) جـــــا حەزرەت دەستی دا بە سینەماو فەرمووی : ئەم زانســتەت پیرۆز بێ • وە ترمذی ریوایەتی کردووە لە ئوبەیی کوڕی کــەعبەوە ئەڵێ : حەزرەت (د) فەرمووی : (ما أنزل الله في التوراة ولا في الانجيل مثل أم القرآن وهي السبع المثاني ، وهي مقسومة بينـــي وبين عبدي ولعبدي ما سأل • اى وقال الله ـ تعالى ـ هـــــي مقسومة •) وە ئەبو عەمری دانی لە کتێبی (بەیان) دا بــــە ئیسناد ریوایەتی کردووە لە عەلی کوڕی ئەبیطالیبەوە (خ) کە حەزرەت (د) فەرموویە : (فاتحة الكتاب . وآية الكرسي ، وشهد الله انه لا اله الا هو . وقل اللهم مالك الملك ••• هذه الآيـــات معلقة بالعرش ليس بينهن وبين الله حجاب) ، واتە : سوورەتی

فاتیحەو ئایەتەلکورسیو ئایەتی (شـــهد الله ... تا ئاخر) و ئایەتی (قل اللهم مالك الملك ... تا ئاخر) ئەم ئایەتانە لـــە عەرشا نووسراون لە بەینی ئەوانو خودادا پەردە نیە ، واتـــە : هەرکەسێ ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە بێگومان ئەجرەکەی بـــۆ ئەنووسرێ .

وە لە حەدیثا ثابتە کە سوورەتی ئیخلاص وەکو سێیەکـــی قورئان ئەجری هەیە لە خوێندنەوەدا ، وە ریوایەتکراوە لـــە ئەبو ئومامەوە بە ئیسنادی صەحیح کە حەزرەت (د) فەرموویەتی: (اسم الله الاعظم الذي دعى به اجاب في ثلاث سور من القرآن : في البقرة ، وآل عمران ، وطه) .

وە ریوایەتکراوە لە ئەسماوە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (اسم الله الاعظم في هاتين الآيتين : والهكم اله واحد لا اله الا هو الرحمن الرحيم . وفاتحة آل عمران : الم الله لا اله الا هو الحي القيوم) .

وە ریوایەتکراوە لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی طالیب (د) ئەڵێ : بیستوومە لە حەزرەت (د) لە کاتێکا راوەستاوە لەســەر داری مینبەر ئەیفورموو : (من قرأ آية الكرسي دبر كل صلاة لم يمنعه من دخول الجنة الا الموت ولا يواظب عليها الا صـــديق او عابد . ومن قرأها اذا أخذ مضجعه آمنه الله على نفســه وجاره وجار جاره والابيات حوله) .

ریوایەتکراوە کاتــێ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عــەوف ئەڕۆیشتە خانوەکەی (آیــة الكرســي) ئەخوێند بەهــەر چوارگۆشەی خانووەکەیا •

جا لەم ئایەتو ئەحادیثەوە دەرئەکەوێ ، هەرچەند ئایاتــی قورئان هەموو کەلامی خودان ، وە ناوەکانی خودا هەموو ناوی خودان • بەڵام لەسەر دەلالەتی ئەوانە لەسەر زاتــــی خوداو سیفاتەکانیو تەقدیسی خوداو تەعزیمی خودا فەرقو پایەیــان ئەگۆڕێ ، واتە هەموو لە حەقیقەتی نەوعییەدا یەکن ، بەڵام لە سیفاتی فەردیدا فەرقیان هەیە • وە هــەروا ئــەصحابەکانی پێغەمەر هەموو ئەصحابەنو شەرەفی صوحبەتیان هەیە ، بــەڵام لە سیفاتی شەخسیدا ، لە ئیخلاصا ، لە زانستا ، لە طاعەتکردنا ، لە خزمەتی دینی ئیسلاما فەرقیان زۆرە ، وە ثابتە بە نەقــڵو عەقڵ هەروا هەموو ئەفرادی ئوممەتی پێغەمەر (د) بێفەرقــن لەوەدا کە ئوممەتی پێغەمەرن ، بەڵام لە پایەی عیلمو عەمەلــدا فەرقیان دیارە •

فەرمودەی خودا : (لا اكراه في الدين) :

لــــە مەوریــدی نوزوولی ئـــەم ئایەتــەدا زەیــدی کوڕی ئەسلـــەم ریوایەتیکردووە لــــە باوکیــەوە ئەڵــێ : گوێــم لێبــوو کـــە عومـــەری کـــوڕی خەطاب (خ) فەرمووی بە پیرەژەنێکی گاور : وەرە موسوڵمان ببە با رزگــار

ببی له عەزابی قیامەت ؛ چونکی خودای تەعالا پێغەمەری بە حەق ڕەوانەکردووە • ئەویش عەرزی کرد : من پیرەژنێکی گەورەمو مردنم نزیك بووەتەوە وازم لێ بێنە تا لەسەر دینی خـۆم بمرم ، لەوێدا عومەر فەرمووی : (اللهم اشـــهد)وە ئــەم ئایەتەی خوێندەوە (لا اكراه في الدين) مەعنای وایە ئەم ئایەتە وەختی خۆی هاتووەتەخوارەوە بۆ باسی ئەوە کە زۆرکردن نیە لەســەر ئەهلی کیتاب بۆ ئەوە دینی خۆیان تەرك بکەنو موسوڵمان ببن •

وە (سودە) ، لــە تابیعین ، فەرموویەتی : ئــەم ئایەتــە هاتەخوارەوە لە شانی پیاوێ لە ئەنصار ناوی (أبو حصين)بوو، دوو کوڕی بوو ڕۆیشتبوون بۆ تیجارەت بۆ شامو لەوێ بووبوون بە گاور • جا باوکەکەیان هات بۆ خزمەتی حـــەزرەتو داوای ئەوەی ئەکرد کـــە حەزرەت بنێرێ بەشوێنیاناو بیانهێنێتەوەو سەعی بکا بۆ ئەوە بگەڕێنەوە بۆ دینی ئیسلام • وە لەو کاتــەدا فەرمانی خودا نەهاتبوو بۆ جەنگکردن لەگەڵ ئەهلی کیتابا ، وە حەزرەت فەرمووی : بڵێم چی خودا دووری خستوونەتەوە لـــە دینو بوون بە ئەووەڵ کافر لەم کۆمەڵی ئەنصارەدا ! جا ئــەم ئایەتە نازڵبوو •

بینا لەسەر ئەم تەقریرە ئەم ئایەتە مەنسوخ نیەو لـــــە موحکەماتە ؛ چونکی باسی ئەوە ئەکا کە زۆر ناکرێ لە ئەهـــلی کیتاب لە یەهوودو لە نەصارا موسوڵمان ببن ، هەرچەنـــد زۆر بکرێ لە ئەهلی ئیشراك لە عەرەبو لە مەجووسو لە بووزییەکانو

له غەیری ئەوانیش •

وەلحاصڵ ئەو کەسە کە موسوڵمان نەبێ ، یا لە ئەهلی کیتابە کە یەهوودو نەصارایە ، یاخود موشریکە ، جا ئەوەی کیتابییە داوای ئەوەی لێ ئەکرێ یا موسوڵمان ببێ وە یاخود جیزیە بداو بمێنێتەوە وە زۆری لێ ناکرێ لەسەر موسوڵمان بوون • وە ئەو کەسە کە موشریکە یا ئەبێ موسوڵمان ببێ یا شەڕی لەگەڵدا ئەکرێ هەتا ئەکوژرێ • بەڵام حەزرەت (د) نیسبەت بە مەجووسییەکان ئەمری کردووە کە موعامەلەیان لەگەڵدا بکرێ وەکو موعامەلەی ئەهلی کیتاب ، واتە : بە جیزیەدان رازی ببین لێیان‌و زۆریان لێ نەکەین لەسەر ئیسلام‌بوون ؛ بەس ژنیان مارە ناکرێ‌و گۆشتی حەیوانێ ئەوان سەری‌بڕن ناخورێ •

وە بازێ فەرموویانە : ئەم ئایەتە ئیخبارە لە واقیع کە بە قەطعی ئیکراهـ‌و زۆرکردن نیە لە کەس بۆ موسوڵمان‌بوون ؛ چونکی ئیکراهـ‌و زۆرکردن لەسەر شتێك ئەبێ کە ئەو کەسە پێی رازی نەبێ ، بەڵام دینی ئیسلام هەرکەسێ تێی بگا چییە •• بە دڵ وەری‌ئەگرێ‌و پێویستی بە داوای کەس نیە •

جا خودا ئەفەرموێت :

﴿ لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ﴾ :

واتە : زۆرکردن ڕەوا نیە لە وەرگرتنی دینا لەسەر گاورو جوولەکە ، وە بەڕاستی ڕێگـــەی ڕاســتو لار دەرکەوتوونو جیا بوونەتەوە لە یەك بە تەواوی ٠

﴿ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لا انْفِصَامَ لَهَا ﴾ :

دەی هەرکەسێ ئینکاری شەیتانو ئوموراتی ناشیرین بکاو ئیمان بێنێ بە زاتی خودای تەعالاو ئیلتیزامی ئەحکامی ئیسلام بکا ئەوە بە ڕاستی دەستی گرتووە بە دەستەبەندێکی ئەستوور کە بە قەطعی پساندنی نیە ٠

﴿ وَاللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ : (٢٥٦)

وە خودای تەعالا بیسەرە بۆ وتارو زانایە بە ئەسرارو رازو نیازتان ٠ مادام وایە پێویستە ئینسان ئاگادار بێ لە بیرو باوەڕو وتارو کردەوەی ئاشکراو پەنامەکی خۆی ٠

﴿ اَللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا ﴾ :

خودای تەعالا دۆستی ئەوانەیە کە ئیمانیان هەیە بەوو بە دینی ئەو ٠

﴿ يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ اِلَى النُّورِ ﴾ :

وە بە هۆی ئەو ئیمانەوە دەریان ئەکا لە تاریکی بیروباوەڕی نابارو کردەوەی ناهەموار وە لە ڕەوشتی ناشیرین وە ئەیانخاتـە ناو بۆتەی تەصفییەوەو ڕوویان ئەکاتە حەقو ئەیانخاتە نـــاو

رووناکی بیروباوەڕو کردەوەو وتاری راستو بەسوود ·

﴿ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ ﴾ :

وە ئەو کەسانە کە کوفری خودا ئەکەن دۆستی ئەوان شەیتانە ·

﴿ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ ﴾ :

ئەو کەسانە دەرئەکا لە نووری عەقڵەوەو لە نوورێکەوە کە نزیکە دەستی بکەوێ بە هۆی ئیسلامیەتەوە بۆ لای تاریکیەکانی عەقیدەو عیلمو عەمەل · واتە یەکێ بکەوێتە دووی شەیتان عەقیدەو بیروباوڕی تاریکە ؛ چونکی رووی لە رۆژی بەرزی ئیسلامەوە نیە ، وە ئەکەوێتە ناو تاریکی کردەوە ؛ چونکی کردەوەی لەسەر هەوایەو هەوای ئینسانی بێهیدایەت تاریکە · وە ئەکەوێتە ناو تاریکی وتارەوە : چونکی وتار بە زمانەو زمان تەرجومانی دڵە · وە مادام دڵ بە گومڕاهی تاریك بێ وتاری زمانیش رووناك نابێ ·

﴿ أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ :

(٢٥٧)

وە ئەو کەسانە کە شەیتان گەورەیانەو دۆستی ئەوانە مولازیمی ئاگری دۆزەخنو ئەوان لەو ئاگرەدا دەوامدارن هەتاهەتایە ·

جا لە پاش ئەوە خودای تەعالا بەیانی میهرەبانیو کەرەمی

خۆی کرد لەگەڵ ئەهلی ئیمانا باسی ڕێگەی خاوەن قیمەتی ئەهلی ئیمانی کرد کە عیبارەتە لە عیلم بە وجوودی خودای (واجب الوجود)و عیلم بە زیندووبوونەوەی پاش مردن لە قاڵبی سێ ڕووداوی گەورەدا ، یەکەم : شۆڕش‌و ئاشـووبی (نەمرود)ی کوڕی (کوش)ی کوڕی (کەنعان)ی کوڕی (سام)ی کوڕی (نووح) کە پادشای خاوەن کیبریای وڵاتی بابل بووو بتپەرستی ئەکرد • ئەم نامەردە بە شێوەی ئاشکرا بتپەرست بوو بەڵام بە ڕاستیەکەی خۆپەرست بووو دەمارەکەی ئەوەندە ئەستوور بوو لە هەر شوێنێکا کەسێ ببوایە کە شەخسیەتێکی ببوایێ سەری پان ئەکردەوە •

وە حەزرەتی ئیبراهیم (د) کە خودای تەعالا هیدایەتـی پێداو چاوو دڵی کردەوە بۆ تەماشاکردنی ئافاق‌و ئەنفوس‌و کردی بە ڕەهبەرو پێی‌گەیاندو تێی‌گەیاند ئەویش هەرچەند نەمروود خۆپەرست بوو ئەم هەزارقات خوداپەرست بووە • هەرچەنـد ئاگری دەماری ئەو بەرزئەبووەوە ئەمیش نووری ئیمانـی پرتەوی ئەدایەوەو بە هیچ نەوعێ سەری بۆ شـۆڕ نەکرد • وە هەرکاتێ جیدالی ئەکرد لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا ئەم بـە هێزی ئیستیـدلالی بورهانـی دەمکوتی ئـەکرد وە یـەکێ لـە جیدالەکانی ئەمەیە کە خودا ئەیگێڕێتەوە بـۆ حەزرەت (د) وە لەسەر یاسای مەشهوور فەرمووی :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللهُ الْمُلْكَ ﴾ :

واته : ئایا تەماشا ناکەی‌و نابینی ئەو کافرەی وەها کە موجادەلەی کرد لەگەڵ ئیبراهیمدا نەك لەبەر حەقیقەتخواهی‌و بیەوێ ڕێگەی حەقیقەت بدۆزێتەوە بەڵکو لەبەر دەمارو طوغیان لەمەوە کە خودا گەورەیی‌و سەربەرزی پێداوەو لە باتی ئەوە کە سوپاسی خودای بکردایە لەسەر ئەم نیعمەتە ئەو بە پێچەوانەی سوپاس کوفری خودای کرد •

﴿ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ : رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ ﴾ :

ئەو موجادەلەیش لەو کاتەدا بو کە پرسی لە ئیبراهیم : خودای تۆ کێیە کە ئادەمیزاد بانگەنەکەی بۆ پەرستیاری ؟ ئەویش فەرمووی : خودای من خودایەکە قادرو تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا ، وە خودایەکە گیان ئەدا بە بێ‌گیان‌و پاش ئەوە ئەیمرێنێ‌و گیانەکەی لێ‌وەرئەگرێتەوە . وە کەسێ ئەم هێزە بەرزەی هەبێ شایاوە بە پەرستیاری نەك دارو بەردی بە دەس‌تاشراو •

﴿ قَالَ : أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ ﴾ :

وتی : منیش ئەتوانم گیان بدەم بە خەڵك بە هۆی چاوپۆشی لەوانە حوکمی کوشتنیان دراوە ، وە گیانداریش ئەمرێنم بە

هۆی بەجێهێنانی حوکمی ئیعدام بەسەر بازە کەسێکدا ٠ وە فیعلەن ناردی دوو کەسیان لە زیندانەوە هێنا بۆ لای وە یەکێ لەوانی بەرەڵلا کردو فەرمانی دا ئەویان کوشت ٠

جا کاتێ ئیبراهیم تێگەیشت کابرا رووکەشی ئەکاو بەجێهێنانی هۆی عادەتی زیندووبوونو مردن بە ئیبداعی رووحو دەرکردنی رۆح دائەنێ ٠٠ لای دا لەو دەلیلە بۆ لای ئەم دەلیلە کە رێگەی ئەو رووکەشەی تیا نیە ٠

﴿ قالَ إِبْراهِيمُ : فَإِنَّ اللهَ يأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِها مِنَ المَغْرِبِ ﴾ :

دەی مادام هەرچی خودا بیکا تۆیش پێتئەکرێ ، ئەوەتە لە پێش زەمانی تۆوە تا ئێستە خودای تەعالا رۆژ لە خۆرهەڵاتەوە دەرئەکا ، دەی تۆ یاساکەی بگۆڕەو رۆژ لە خۆرنشینەوە بهێنە بە ئاسمانا تا ئاوا نەبێ ٠

﴿ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ ﴾ :

جا ئەو نەمروودە کە کوفری خودای عالەمی ئەکرد مەبهووت بووو هەناسەی لێچنرا ٠

وە لەبەر ئەوە حاڵی بوو کە بورهانی ئیبراهیم بڕبڕو بەهانەی ئەم تێکناچێ فەرمانی دەرکرد ئاگرێ قەبە بکەنەوەو ئیبراهیم بە (مەنجەنیق) فڕەبدەن بۆ ناوی هەتا وەها بسوتێ کە تۆزی لەشی سووتاویشی لە ئارادا نەمێنێ چ جای گۆڕخانە کە

بکرێ بە رەمزی پاشەڕۆژ وە بە ماوای یادگاری پەیڕەوەکانی ؛ کەچی چونکی لەسەر هەواو خوێڕی بوو هەرچی رست هـــەر خوری بوو ٠

﴿ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ (٢٥٨)

وە خودای تەعالا ستەمکارەکان شارەزا ناکا بۆ کارێ کـە نیشانەی دینی خودایی لەسەر عەرز لابیا ٠

پاش ئەوە کە بە نیشاندانی ئەم رووداوە دڵی هۆشـــیارو ئاگادار بوو بۆ عیلمو ناسین بە زاتی پەروەردگاری راستەقینەی بە ئیعتیبار ٠٠ خودای تەعالا رووداوێکی گێڕایەوە کە ئەبێ بە هۆی عیلمو زانیاری ئەوە کە وەکو ئـەتوانێ خەو بێنێ بەسەر بێدارێکا بەبێ ئیختیار هەتا ئەو کاتە خواستی هەیە ئەوســـا ئاگاداری بکاتەوە بە نەوعێ ئەگەر کابرا میقیاسێکی لەلا نەبێ نازانێ چەند کات نوستووە ٠٠ وەها خودا ئەتوانێ زیندوویێ بەبێ ئیختیاری خۆی بمرێنێ تا هەر زەمانێ ئـــیرادەی کردووە ئەوسا زیندووی بکاتەوە ، وە ئەگەر خودا پێی نەڵێ خـــۆی نەزانێ چەندێکە مردووە ، وە فەرمووی :

﴿ أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ : أَنَّى يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ؟ ﴾ :

یا ئەی رەهبەری نازار تەماشای وێنەی ئەو کەسە ناکەی وەکو (عوزەیر) پێغەمەری بەنیئیسرائیلیەکان کـە لـە پاش

رزگاربوونی له دیلی بەختەننەسری فەرمانداری بابل رابورد بە لای دێیەك لـە دێ ئاوەدانەكانی خۆیان ـ شـاری قودس ـ یـا شوێنێكی تر لە كاتێ وە بە حاڵێ كە ئەو دێیە كەوتبوو بەسەر سەرمیچی خانوەكانیا ؟ چونكی خانوو لە پێشا بانەكەی بە باو باران ئەكەوێتە سەر عەرز ئەوسا بە تووڵی زەمان دیوارەكانـی ئەترافی ئەكەون بەسەر ئەو بانەدا كە كەوتووەتە سەر عەرز •

جا حەزرەتی عوزەیر كە تەماشای ئەو خانووە ئەستوورانەی كرد وەهـا وێران بوون سـەری سـوڕماو فەرمووی : ئەبێ چ كاتێو بە چ هۆیێ خودا ئەم وڵاتە خاپوورە ئاوەدان بكاتـەوە وكو جاران !؟ جا خودای تەعالا بە شێوەی عیتاب لەم رەهبەرە كە چلۆن دائەمێنێ لە ئاثاری هێزی خوداو بە شێوەی میهرەبانـی لەگەڵیا هەتا تەوانایی خۆی نیشانبدا ، وە بە شێوەی میهرەبانی لەگەڵ ئادەمیزادی خاوەن شوعوورا بۆ ئەوە عیبرەت بگرنو چاو بكەنەوە •

﴿ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ﴾ :

خودا بۆ ماوەی صەد ساڵ عوزەیری مران لەو شوێنەدا وە پاش صەد ساڵ زیندووی كردەوە لە عەینی ئەو شوێنەدا كـە مردبوو تیایا •

﴿ قَالَ : كَمْ لَبِثْتَ ؟ قَالَ : لَبِثْتُ يَوْماً أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ﴾ :

واته کاتێ کە خودا زیندووی‌کردەوە بە وێنەی یەکێ لـــە خەو خەبەری بێتەوە خودا بانگی‌کردو فەرمووی : چەندێکـــە ماویتەوە لەم شوێنەدا ؟ ئەویش لە پێش ئەوەدا بڕوانێ بۆ ڕۆژ کە ئاوا نەبووە وای زانی ڕۆژ وا لە ئاوابوونا وە ئەو ڕۆژێکە وا لەو شوێنەدا ؛ چونکی کاتی ئەووەڵی مردنەکەی ئەووەڵـــی هەتاوکەوتن بوو ، وە پاش ئەوە کە تەماشای ڕۆژی کرد کـــە هێشتا ئاوا نەبووە لە قسە پێشووەکەی لای دا وە وتی : بەڵکو بازێکە لە ڕۆژێ •

﴿ قالَ : بَلْ لَبِثْتَ مِائَةَ عامٍ ﴾ :

خودا فەرمووی : ماوەی صەد ساڵە لێرەدا ماویتەوەو تــۆ نەنوستووی بەڵکو مردبووی !

﴿ فَانْظُرْ إِلىٰ طَعامِكَ وَشَرابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ﴾:

دەی بۆ ئەوە کە لە تەواناى ئێمە حاڵی ببی بڕوانە بــــۆ خواردەمەنییەکەت لە : ڕەوانو نارەوان ، لە تەڕو وشك نەگۆڕاوە لەگەڵ ئەوەدا خواردەمەنی هەرچۆن بێ لە ماوەی چەن سەعاتێکا ئەگۆڕێ •

﴿ وَانْظُرْ إِلىٰ حِمارِكَ ﴾ :

وە بڕوانە بۆ وڵاخە سوارییەکەت چـــــۆن ڕزیوەو پارچە ئێسقانەکانی چۆن بڵاوو پرژ بوونەتەوە •

﴿ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِلنَّاسِ ﴾ :

وە ئەم حاڵەمان هێنا بەسەر تۆداو بەسەر وڵاخەکەتا هەتا
پاش لە تەواناییی ئێمە تێبگەی ، ئەوجار لەناو عالەما دەرکەوی و
باسی خۆت و خواردەمەنییەکەو حەیوانەکەت بگێڕیتەوەو ببی بە
نیشانەیەکی گەورەیی ئێمە لەبۆ ئەو ئادەمیزادانە کە عیبرەت
لە کارەسات ئەگرن ٠

﴿ وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ﴾ :

وە بڕوانە بۆ ئێسکەکانی حەیوانەکەت چۆن ئەیانجووڵێنین و
بەرزیان ئەکەینەوەو ئەیانگەیەنین بەیەك ٠

﴿ ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْماً ﴾ :

وە لە پاشا بە بەرگی گۆشت و رەگ و پێست دایانئەپۆشین
وەکو جاریجاران گیانی ئەکەینەوە بەبەراو راست ئەبێتەوە ٠

﴿ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ ، قَالَ : أَعْلَمُ أَنَّ اللهَ عَلَى
كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (٢٥٩)

جا کاتێ باش تەماشای کردو حەقیقەتی حاڵەکەی بۆ
دەرکەوت ئەمجار عوزەیر (د) فەرمووی : ئیمان و باوەڕم هەیە
کە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکاو پارازتنی هەموو شتێکی
لاوازی پێئەکرێ و زیندووکردنەوەی هەموو مردوویێ لای ئەو
ئاسانە ٠

ریوایەتکراوە کاتێ عوزەیر سواری حەیوانەکەی بووو
رۆیشتەوە بۆ ناو بەنیئیسرائیل لەبەر ئەوە ، کە بە تاق و تەرا

نەبێ ، هاوتەمەنی نەمابوو نەیانناسی ، وە بە هۆی ئەوەوە کــە تەوراتی لەبەر بووو خەڵکی تر لە بەریان نەبوو وە بـــە بازێ ناونیشانی ترا خەڵك ناسیانەوە ٠

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ : رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ ؟ ﴾ :

ئەی رەهبەری خۆشەویست باسی ئەو کاتە بکە لەناو یارانتا کە حەزرەتی ئیبراهیم عەرزی زاتی پەروەردگاری کردو وتی : یا رەببی ئەم ئادەمیزادانە کە ئەمرن‌و ساڵەهای ساڵ رائەبوورێ بەسەریاناو ئێسقانی وجوودیان ئەبێ بە ئارد ، وە یا ئەکەوێتــە بەر بای جیهان‌و بڵاوە ئەکا لە وڵاتا چۆن تـــۆ لـــە قیامەتـــا زیندوویان ئەکەیتەوەو بەچی شێوەیێ ئەو ئەجزایانە ئەکەونەوە یەك ؟

﴿ قَالَ : أَوَلَمْ تُؤْمِنْ ؟ ﴾ :

خودا لە جوابی ئیبراهیمدا فەرمووی : ئایا تۆ هێشتا ئیمانت نەهێناوە بە قودرەت‌و تەواناییی من لەســـەر زیندووکردنەوەی مردووەکان ، لەگەڵ ئەوەدا کە چەن شتی عەجایبت لە تەواناییی منەوە دەرك‌کردووە ، وەکو : پاراستنی تۆ لە هەڵمەت‌و هەیبەتی نەمروود لەگەڵ ئەوەدا پیاوکوشتن‌و ئاورشتن لـــەلای ئـــەوا یەکسانن . وە تۆی لەو ئاگرەدا پاراست لەگەڵ ئەوەدا بـــــە بڵێسەی گڕەکەی بەرد ئەبوو بە خاك‌و ئەسووتا ؟

﴿ قالَ : بَلىٰ ، وَلٰكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي ﴾ :

ئەویش عەرزی کرد : بەڵێ وەڵلاهی ئیمانو باوەڕم هەیە بەوە کە تۆ تەوانای لەسەر زیندووکردنەوەی مردوو ، بەلاّم ئەمەوێ کە دڵم وەها دابمەزرێ کە ڕێگەی سووسەی وەسواسەی نەفس لە وجوودی منا نەمێنێ بە نەوعێ هەرچی مەشاعیرم هەیە پڕ ببن لە ڕووناکی ئیمان ٠

﴿ قالَ : فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ﴾ :

خودا فەرمووی : دەی بڕۆ چوار پەلەوەر بگرەو بیانهێنەو لەلای خۆت ڕایانبگرە ماوەیەك هەتا باش شێوەی لەشوپەڕو باڵیانو خەتو خاڵیانو لەلای تۆ دیاری بداو بیانناسی ٠

﴿ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءًا ﴾ :

لەپاشان سەریان ببڕەو پارچە پارچەیان بکەو تێکەڵیان بکە بە یەکدا ، ئەمجار بیان کە بە چەن بەشەوەو لەسەر هەر بەرزییەك بەشێ لەوانە دابنێ ٠

﴿ ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ﴾ :

جا بانگ بکە لەو پەلەوەرانە کە ناسیوتن هەرکام بە ناوو نیشانەی خۆی پاش ئەو بانگی تۆیە بۆت دەرئەکەوێ ئەوانە چۆن ئەجزای هەرکامیان وەکو پەپوولە ئەکەوێتە هەواو ئەڕۆن بۆ لای باقی ئەجزاکانو چۆن بە پەلەو تازانە دێن بۆ لات !

﴿ وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ : (٢٦٠)

جا لەم ڕووداوەی بەرچاوی خۆتەوە بۆت دەرئەکەوێ کە خودا غاڵبەو تەوانایە بەسەر گردکردنەوەی ئەجزای مردوودا لەهەر زەمانێکا وە لەهەر شوێنێکا ببن ؛ چونکی ئەو ئەجزایانە هەنو مەوجوودن وە خودایش مەقسوودی لەسەر ئەوەیە گردیان بکاتەوە ، بەلام حیکمەتی زۆرە کە نیشانی هەموو کەسی نادا ·

بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : حەزرەتی ئیبراهیم (د) بۆچی ئەو پرسیارەی کردووە ؟ لەم هۆوە موفەسسیرەکان گەلێ قسەیان کردووەو موناسبترین لەوانە ئەمەیە : کە پێغەمەران موهیمەی زۆر گەورەیان هەیە : یەکەم هەڵسووڕاندنی ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە خودا بە یەکێ بزانن · دووەم ئەوەیە کە ئیمانو باوەڕیان ببێ بە مەسئوولییەتو حسابی ڕۆژی قیامەت ، واتە باوەڕ بە زیندووبوونەوەی مردوو ، وە حسابکردنی ئەعمال لەگەڵیانا · سێهەم ئیطاعەکردنی پێغەمەران لە بەجێهێنانی ئادابو ئەحکامی دینـا ·

جا لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا کە خودا ئیبراهیمی ڕەوانەکرد مەسەلەی زیندووبوونەوەی مردوو زۆر دوور بوو لە دەماخی خەڵك وە حەزرەتی ئیبراهیمیش زۆر سەعیو تەلاشی ئەکرد

لەو بابەتەوە •• ویستی خۆی لە پایەی (علــم الیقین) بــە زیندوو بوونەوە بەرزبیێتەوە بۆ (عین الیقین) هەتا نیشاتی لە موهیمەکەی خۆیا بەهێزبێ ؛ چونکی هەتا مامۆستا لـــە دەرزی شاگردەکانا بەرزتر بێ ئیفادەی زۆرترە •

باسی دووەم : لە نەصی ئایەتەکەوە کە خودا فـــەرمووی : (أو لم تؤمن ؟ قال : بلى ولكن ليطمئن قلبي)وە دەرئەکەوێ کە حەزرەتی ئیبراهیم بە قەطعی دوودڵی نەبووە لەو مەوزووعەدا ؛ چونکی ئایەتەکە ئەفەرموێت : (قال : بلى ولكن ليطمئن قلبي)• بەلاَم پایەی ئینسان هەرچەن بەرزبێ دڵ لە ئیلقای وەساویـــی ئیبلیس رزگار نابێ هەتا ئەگا بە پایەی ئیطمینان ، کە گەیشت بەم پایە لەو ئیلقا ئەپارێزرێ ؛ چونکی ئیتمینانــی دڵ وەکـــو ئەوە وایە بە دەوام کوورەیێ پڕ بێ لە ئاگرو ئەو ئاگــرەگڕەی بڕوا بە ئەترافا ، جا چۆن گیانلەبەر ناتوانێ نزیکی ئـــــەو تەنوورەو ئەو کوورەیە بکەوێتەوەوەها شەیاتین دوور ئەکەونەوە لە دڵێ کە نووری ئیتمینانی تێدابێ •

وە حەزرەتی محەمەد (د) لە حەدیثا بەیانی کردووە کە خودا بۆ سەر هەر دڵێ شەیتانێکی موسەخەر کردووە ، بەلاَم ئـــەو شەیتانە رەوانەکراوە بۆ سەر دڵی ئەو موسوڵمان بووەو ئیلقای وەسوەسە ناکا • واتە گەیشتووەتە پایەی ئیتمینان •

وە ئەو فەرموودە وەکو بوخاری ریوایەتی کردووە کـــــە فەرموویەتی : (نحن احق بالشك من ابراهيم اذ قال رب ارنـــي

كيف تحي الموتى ؟ قال : بلى ولكن ليطمئن قلبي) ‥ ئەوە بازێ له زاناكان فەرموويانە ئەو فەرموودە لەسەر مەعناى تەعليقە ، واتە ئەگەر ئەو داواكردنى ئيتمينانە بەشك دابنرێ ئێمە لايەقترين بە داواكردنى ئەوە ؛ چونكى لە جيهانا رۆژبەڕۆژو چەرخبەچەرخ ئادەميزاد موشكيلاتى زۆرتر ئەبێ ٠ جا ئەو رەهبەرانە كە ئادەميزاد بانگئەكەن بۆ دين زۆرتر پێويستيان هەيە بە ئيتمينانو دڵئەستوورى ٠ وە بازێ فەرموويانە ئەو لەفزى شەكە لە و فەرموودە مەبەس دوولى نيە بەڵكو مەبەس وەسواسەيە كە بۆ هەموو كەسێ هەيە گەورەو بچووك لە رەهبەرانو پێغەمەرانو باقى ئادەميزاد ٠ وە دەليل لەسەر ئەمە ئەوەيە كە حەزرەت (د) لە باسى ئەو حاڵەتى حەزرەتى ئيبراهيما فەرموويەتى : (ذلك محض الايمان) ، واتە ئەو حاڵەتەى كە حەزرەتى ئيبراهيم تيابووە لە كاتى داواى ئيتمينانا (ئەو حاڵەتە ئيمانو باوەڕى سيرفە) ؛ چونكى ئينسان هەتا ئيمانى دانەمەزرێ پلەو پايەكانى ئيمان تێناگاو داواى پلەو پايەى بەرز ناكا ٠

سێهەم : سيرڕى ئەوە كە خودا ئەمرى فەرمووە بەوە باڵدار بێنێ بۆ لاى خۆى ئەوەيە : كە پەلەوەر زووتر لە كاتى بانگكردنيا ئەگات بە ئينسانو مەبەسى زاتى بارى ئەوە بووە كە بە كەمترين كات ئەو پەلەوەرانە بگەنە لاى ئيبراهيمو گومانى ئەوە نەبرێ كە ئەمانە گيانلەبەرێكى ترن وە يارۆى پێشوو نين ٠

چوارەم : سیڕڕی ئەوە کە چوار پەلەوەر بوون ئەمەیە : بۆ هەموو شاخیصێ شەش جیهەت هەیە : فەوق ، تەحت ، یەمین ، یەسار ، خەلف ، ئەمام • دیارە ئەو پەلەوەرە لە پاش پارچە پارچە کردن لەسەرەوە لە هەوادا دانانرێت وە لە خوارەوە لە ژێر پێدا نابێ ، کەوابێ چوار جیهەت ئەمێنێتەوە ، جا لە هەر کام لەم چوار جیهەتە بازێ لەو ئەجزای پەلەوەرانە دابنرێت ئینسان باش ئەتوانێ چاوێرییان بکاتو ئاگای لێیان بێت هەتا گرد ئەبنەوەو ئەبنەوە بە یارۆی سابیقو دێنەوە بۆ لای ئەو کەسە کە بانگیان ئەکا •

فەرموودەی باری تەعالا (مثل الذين ينفقون اموالهم) •• الاية •

کەلبی فەرموویەتی : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفو عوثمانی کوڕی عەففاندا (خ)• ئەمما عەبدوڕڕەحمان ئەوە هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د)و چوارهەزار درهەمی زیوی هێنابوو و عەرزی حەزرەتی کرد : هەشتهەزار درهەمم لە لابوو ، وا چوارهەزارم هێنا بۆ خزمەتی تۆ سەرفی بکەو چوارهەزاریشم لەلای خۆما راگرت بۆ خۆمو عائیلەکەم • جا حەزرەت (د) فەرمووی : (بارك الله لك في ما أمسكت وفي ما أعطيت) • وە ئەمما حەزرەتی عوثمان (خ) ، ئەویش لەکاتی رێخستنی (جيش العسرة) لە غەزای (تەبووك)دا هەزار وشتری هێنا بە هەموو ئەسبابێکیانەوەو هەزار دینار ئاڵتوونیشی هێنا هەڵی ژراند لە کۆشی حەزرەتا (د) •

جا ئەبووسەعیدی خدری ئەڵێ : چاوم لێبوو حەزرەت (د) هەردوو دەستی بەرزەوەکرد بۆ ئاسمانو دۆعـای خێری بــۆ عوثمان ئەکردو فەرمووی : وا من رازیبووم لە عوثمانی کوڕی عەفان تۆیش لێی رازی بە ٠ لە پاشان فەرمووی : (ما ضر ابـن عفان ما فعل بعد اليوم) ٠ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو :

﴿ مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوالَهُمْ في سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

واتە قصەو شانی ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە ڕێگەی خودادا ٠

﴿ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنابِلَ في كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ ﴾

وەکو (قصە)و شانی خاوەن کشتێکە کە یەك دانە بخاتـە عەرزو ئەو دانە حەوت گوڵ بڕوێنـێو لـە هەر گوڵێکدا صەد دانەی تیابێ ٠

﴿ وَاللهُ يُضاعِفُ لِمَنْ يَشاءُ ﴾ :

وە خودای تەعالا (واسـع القدر)ە واتە تەوانایی ئـەو خواستی هەبێ ٠

﴿ وَاللهُ واسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٦١)

وە خودای تەعالا زیادئەکا لەسەر ئەو ژمارەیە بۆ هەر کەسێ گوشادە بە نەوعێ کە ئەتوانێ لەسەر بەخشینی شتێکی کـەم ئەندازەیەکی زۆر بداو ئەیشزانێ بە نیەتو مەبەستی ئـەو

کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن‌و زانایە بەوە کە شانی کێ ئەو زیادە هەڵئەگرێ •

جا لە کاتێکا لەم ئایەتەدا باسی ئەوە کرا کە سەرفی ماڵ لە رێگەی خودادا ئەوەندە ئەوابی هەیە خودای تەعالا مەرجێکی دانا بۆ ئەو ئەوابە کە بریتییە لەوە کابرا بە شوێنی ئەو سەرفەدا ئەیکا منەت دانەنێ بەسەر ئەو کەسەدا کە ماڵەکەی پێ‌ئەدا ، وە بە قسەو واتەی نابار ئازاری دڵی نەداو فەرمووی :

﴿ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللهِ ثُمَّ لا يُتْبِعُونَ ما أَنْفَقُوا مَنًا وَلا أَذىً ﴾ :

ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خوداداو لەپاشان منەت‌نانێن بەسەر ئەو کەسانەدا کە خێرەکەیان پێ‌کردوون‌و بە وتاری ناشیرین ئازاریان نادەن •

﴿ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ ﴾ :

ئەوە ئەو کەسانە تۆڵەی چاک‌و ئەوابیان بۆ هەیە لەلای خودای خۆیان •

﴿ وَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (٢٦٢)

وە پاش مردنیان ترسیان لەسەر نیە بۆ موستەقبەل‌و زویریشیان نابێ لەسەر ئەو دونیایە کە رابوردووە •

﴿ قَوْلٌ مَعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِنْ صَدَقَةٍ يَتْبَعُها أَذىً ﴾ :

وتارێکی باش لەگەڵ داماواو چاوپۆشی‌و سەرفی نەزەر لە واتەی زبری یارۆی گەدا چاترە لەو سەدەقەو خێراتە کە ئازاردانی ئەو داماوەی بە شوێندا بێ •

﴿ واللهُ غَنيٌّ حَليمٌ ﴾ (٢٦٣)

خودا بێ ئیحتیاجە لەو سەدەقەیە کە منەت دانانو ئازاردانی بە شوێنا بێو حەوسەڵەی زۆرە ئەگەرنا زوو ئازاری ئەو کەسانەی ئەدا کە ئازاری داماو ئەدەن ٠

﴿ یاأیُّها الّذینَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صدَقاتِکُم بِالمَنِّ وَالأذى ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا سەدەقاتو خێراتی خۆتان بەتاڵمەکەنەوە بە منەتدانان لەسەر گەداکانو ژماردنی خێراتەکان لەسەریانو بە ئازاردانیان ٠

﴿ کَالّذي یُنْفِقُ مالَهُ رِئاءَ النّاسِ ﴾ :

وەکو ئەو کەسە کە ماڵی خۆی سەرف ئەکا بۆ ریاییو چاوپێکەوتنی خەڵك ٠

﴿ وَلا یُؤْمِنُ بِاللهِ والیَوْمِ الآخِرِ ﴾ :

وە باوەڕی نیە بە خوداو بە گەیشتن بە رۆژی پاشەڕۆژو جەزای کردەوە ٠

﴿ فَمَثَلُهُ کَمَثَلِ صَفْوانٍ عَلَیْهِ تُرابٌ فأصابَهُ وابِلٌ فَتَرَکَهُ صَلْداً ﴾ :

واتە حاڵو شانی ئەو کەسە کە ماڵی خۆی سەرف ئەکا لەبەر دیمەنو دیتنی خەڵك وەلحاڵ ئیمانو باوەڕی نیە بە خوداو بە رۆژی قیامەت وەکو حاڵو شانی بەردێکی ساف وایە کە بازێ گڵی بەسەرەوە بێو بارانێکی قەترە گەورەی بەهێز ببارێ بەسەریاو گڵەکە هەموو بشۆرێتەوەو بەجێی بێڵێ بە پاکیو

سافی لەو گڵە ٠

ئەم تەشبیهە بە زاهیر تەشبیهی مورەکەبەو ئەو هەیئەتە کە وەرئەگیرێ لە ئینسانێکی بێئیمانو بێئیخلاص کە ماڵی خۆی سەرف بکاو ئەو ماڵەو زایەبوونی بە هۆی ئەوەوە کە کابرا هەر دیمەنی ئەوێ ٠٠٠ تەشبیهـ کراوە بە هەیئەتێ وەرئەگیرێ لە بەردێکی سافی بێگرێو لە گڵێ بە سەریەوە بێو بارانێکی قەترەگەورە کە بباریٚ لەسەرەوە بە خوڕڕەم چۆن لەم (مشبەبە) یەدا ئاثاری ئەو گڵە نامێنێ وەها لەو کابرایشا ئاثارو پیرۆزی لەو مەسرەفەیا نابینێ ٠

جا خودا بە شێوەی ئیستیناف ئەفەرموێت : ئەگەر ئەڵێیت : بۆچی شانی ئەو کابرا وەکو ئەو بەردە وایە ؟ چونکی ئەم ئینسانانە کە خوویان وایەو ماڵی خۆیان ئاوەها سەرف ئەکەن ٠

﴿ لَا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا ﴾ :

تەوانایان نیە لەسەر سوودوەرگرتن لەو زەحمەتە کێشاویانە بۆ پەیداکردنی ماڵەکەیانو سەرفکردنی لە خەڵکا لەبەر دیمەن ، وەلحاڵ ئەوانە ئیمانیشیان نیە بە خودا ؛ چونکی ئەگەر ئیمانیان ببوایێ قابیل بوو بە قەی ریاو دیمەنکاریەکەیان گوناحیان ببوایێو بەقەی سووسەی نیەتی خێرێ لە ئیمانەکەوە پەیدا ببێ خێریان دەس بکەوتایە ٠ بەڵام ئەوانە کافرن ٠

﴿ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴾ (٢٦٤)

وە خودایش کافران شارەزا ناکا بۆ سوود لە کردەوەیانا ٠

جا پاش ئەوە کە خودا حاڵی ئەوانەی باس کرد کە بێ ئیمانو ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر دیمەنو بەرچاوێنی

•• هات باسی ئەوانەیشی کرد کە موسوڵمانن‌و ماڵی خۆیـــان سەرف ئەکەن لەرێگەی خوداداو فەرمووی :

﴿ وَمَثَلُ الَّذِيــــنَ يُنْفِقُونَ أَمْوالَهُمْ ابْتِغاءَ مَرْضاتِ اللهِ وَتَثْبِيتاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ ﴾ :

وە قسەو شانی ئەو موسوڵمانانەیش کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر داواکردنی رەزامەندی خوداو لەبەر دامەزراندنی جوزئێ لە گیانی خۆیان‌و فیداکردنی بۆ خودا چونکی ماڵـــی ئینسان وا لەگەڵ گیانیا •

﴿ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصابَها وابِــــلٌ فَآتَتْ أُكُلَها ضِعْفَيْنِ ، فَإِنْ لَمْ يُصِبْها وابِلٌ فَطَلٌ ﴾ :

وەکو شانی کەسێکە خاوەنی باخێ بێ پڕ بـێ لــــە داری بارەمەند بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە هەمیشە هەوای ساف وەربگرێ ، وە لەکاتی باران‌بارینیدا بارانێکی قەترەگەورەی بەســـەرا ببارێ ، جا ئەو باخە دووقاتی وێنەی خۆی ـ لە غەیری شوێنا ـ بەر بدا ، وە ئەگەر بازێ کات بارانی وەهای لێ نەبارێ لەبەر بەرزی جێگەو سافی هەوا شەونمی لێ ببارێ •

﴿ واللهُ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ (٢٦٥)

واتە خودای تەعالا بینایە بە کارو کردەوەتان‌و لەســـــەر نییەت‌و مەبەستتان چەزاتان ئەداتەوە •

جا ئەم تەشبیهەیش هەم (تەشبیهی مورەکەبە) : هەیئەتی کابرای خێرۆمەندو ئەو ماڵی دنیایە کە ئەیبەخشێ وە ئەو نییەت‌و نیازە پاکەی هەیەتی تەشبیهـکراوە بە هەیئەتی کەسێ باخێکی

هەبێو لەو باخەدا داری خاوەن بەر زۆر بێو هەمیشە لە کاتی پێویستا یا بارانی ڕێژنەدەی بەسەرا بباریٚ وە یاخود شەونـــم وەربگریٚ : چونکی بەخشیش‌و ماڵی بەخشراو باغی ثەمەردارەو نییەتی رەزای خودا بارانی ئاسمانەو جەزای ئەو ماڵە بەخشراوە ثەمەرو بەری داری باخەکەیە • جا مادام زاهیری عیبـــــارەت موساعەدەی تەشبیهاتی موتەعەددیدە ناکا ئەتوانی لە (طرفين) ی ــ مشبه ومشبه بە ــ هەیئەت ئیعتیبار بکەی •

جا خودای تەعالا بۆ دوورخستنەوەی ئادەمیزادی خاوەن‌دین لە رەزیلەی ریاو نیمەنکاری فەرموویەتی :

﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَنْ تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِنْ نَخِيلٍ وأَعْنَابٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ﴾ :

ئایا یەکێ لە ئێوە ــ ئەی موسوڵمانەکان ــ حەزئەکا بــەوە کە باخێکی باشی ببێ لە داری خورماو داری مێوو باخەکەیشـــی چەن جۆبار لەناویا رەوان ببێو هەر کاتێ پێویستی بوو ئاوی باخەکەی بدا •

﴿ لَهُ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ ﴾ :

وە بۆ کابرا هەبێ لەو باخەدا لە هەموو دارێکی خاوەن بەر وەکو پرتەقاڵ‌و هەنجیرو مۆزو وردە داری تر •

﴿ وأَصَابَهُ الكِبَرُ ولَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاءُ ﴾ :

وە کابرا پیری بەسەرا هاتبێو بێ‌هێز کەوتبێو لەو حاڵەدا چەن مناڵی وردی بێ‌هێزی ببێو غەیری ئەو باخەیش هــــۆی ژیانی ئەو منداڵە وردانەی نەبێ •

﴿ فَأَصابَها إِعْصارٌ فِيهِ نارٌ فاحْتَرَقَتْ ؟ ﴾ :

وه كوتوپڕ گێژەڵووكەیەكی پڕ ئاگر بدا لەو باخەو بیسووتێنێ . طەبعەن كەس لە پیرو جوان رازی نیەو حەز ناكا بەوە كە ئاگرێكی وا بدا لە باخەكەی‌و بیسووتێنێ‌و بەرەكەی زایەببی‌و منداڵە وردەكانی بڕۆن بە دەرگای خەڵكا بۆ ژیواری خۆیان ·

دەی ئێوە . ئەی موسوڵمانەكان وەكو پیر وەها بەرابەر بە ئەزای مردن بێدەست‌و ناچارن‌و باخەكان كردەوەكانتانەو ئیحتیاجیتان بە جەزای كردەوەكان لە قیامەتا زۆرترە لە ئیحتیاجی منداڵی ورد بە ژیوار . وە ریاو دەیمەنكاریتان گێژەڵووكەی ئاگرینە كە ئەو كردەوەو جەزایە زایە ئەكاو ئەیسووتێنێ · جا حەز ئەكەن كردەوەكانتان بسووتێ ؟

﴿ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمُ الآياتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴾ (٢٦٦)

بە وێنەی ئەم تەمثیل‌و تەشبیهە خودای تەعالا ئایاتی تەرغیب لە ئیخلاص‌و زەجر لە ریاكردن رووناك ئەكاتەوە بۆ ئێوە بە ئومێدی ئەوە كە ئێوە ورد فیكر بكەنەوە لە خۆتان‌و لە كردەوەكانتان‌و لە هۆی زیانتانا ·

بوخاری (خ) ریوایەتی كردووە كە عومەری كوڕی خەطاب (خ) رۆژێ فەرمووی بە ئەصحابەكانی پێغەمەر (د): ئەم ئایەتە بە باوەڕی ئێوە لە شانی كێدا هاتووەتە خوارەوە ؟ ئەوانیش وتیان : خودا ئەیزانێ ! عومەر دڵگران بوو و فەرمووی : بڵێن

ئەزانین یا نازانین • ئیبن‌و عەبباس ، کە لەوێدا حازر بـــوو ، فەرمووی : لە دڵی منـــداشتێ هەیە لەم بابەتەوە ، فەرمـــووی : ئەی برازام بڵێ‌و نەفسی خۆت بە بچووك مەگرە ! بلێیت مـــن قابیلی ئەوە نیم قسە بکەم لە ئایەت • جا ئیبن‌و عەبباس فەرمووی . ئەم ئایەتە نازڵبووە وەکو مەثەلێ بۆ کردەوەوێ • عومـــەر فەرمووی : بۆ کام کردەوە ؟ ئەویش وتی : بۆ کردەوەیێ • جا عومەر فەرمووی : ئەم ئایەتە لە شانی پیاوێکی دەوڵەمەنـــدا هاتووەتە خوارەوە کە ئیطاعەی خودا ئەکاو زۆر کـــردەوەی باشی هەیە ، لە پاشان شەیتان دێتە سەری‌و کابرا لە کـــردەوە باشەکان وەرئەگێڕێتەوە هەتا ئەوندە خراپە ئەکا کە کردەوە باشەکانی دائەگرێ بە تاوان •

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا تەرغیبی موسوڵمانانی دا لەسەر ساغی‌و ئیخلاص‌و زەجری کردن لە ریابازی‌و دەعیەسازی •• فەرمانی دا بەوە کە ئەو سەرفە ئەیکەن لە ماڵی حەلاڵ بێ‌و لە باشەکانیشی بێ ، وە فەرمووی :

﴿ یاأَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا أَنْفِقُوا مِنْ طَیِّباتِ مـا کَسَبْتُمْ ومِمَّا أَخْرَجْنا لَکُمْ مِنْ الأَرْضِ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا سەرف بکەن لە پاك‌و حەلاڵی ئەوە کە دەردەستی ئەکەن لە کارو کاسبی‌دا • وە شتی حەرام سەرف مەکەن‌و لە حەلاڵ‌و زەلاڵـــی ئەوەی بۆتان دەرئەکەم لە عەزر ؛ خواە لە کان بێ یا خود لـــە بەری دارو گیا بێ وە یا لە دانەوێڵەی کشتوکاڵ بێ •

﴿ وَلا تَيَمَّمُوا الخَبِيثَ ﴾ :

وە هەرگیز قەسدی شتی پیس مەکەن بۆ ئەوە کە

﴿ مِنْهُ تُنْفِقُونَ ﴾ :

لەوە خەرج بکەن لە رێگەی خودادا • وە ئەم (خبیث) ە شتی حەرامو بێنرخو بێبەهایشی بەرئەکەوێ •

﴿ ولَسْتُمْ بِآخِذِيهِ اِلاّ أَنْ تُغْمِضُوا فِيهِ ﴾ :

وەلحاڵ ئەگەر کەسێ بێتو لەو شتە خەبیثە بدا بە ئێوە وەرەی ناگرن مەگەر چاوی لێبقونجێنن •

﴿ واعْلَمُوا أَنَّ اللهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴾ (٢٦٧)

بەڕاستی بزانن کە خودای تەعالا دەوڵەمەندەو بێئیحتیاجە لە خێراتی ئێوەو لەبەر ئەوە فەرمان ئەدا بە خەرجکردن لە لایەنی ئێوەوە لەبەر سوودی خۆتان ، وە ئەگەر هەر مەسرەفێ ئێوە بیکەن ئەو قەبووڵی بکا ئەو ستاییشی ئەکرێ لەسەر ئەو قەبووڵو وەرگرتنە •

ریوایەت کراوە لە (براء) ـ خ ـ ئەڵێ ئێمە ـ کۆمەڵی ئەنصار ـ خاوەنی باخی خورما بووین ، جا هەرکەس بە گوێرەی خۆی لە زۆرو کەم هێشووی خورمای ئەهێناو لە مزگەوتا هەڵیائەوەستو ئەهلی (صوففە) کە خواردەمەنییان لەلادا نەبوو هەرکامیان کاتێ برسی ئەبوو ئەڕۆیشت عاسایەکی ئەدا لەو هێشووە خورما هەڵوەسراوەو چەن دانەیەکی لێ دائەکەوتو ئەیخوارد ••• وە بازێتر لەو خاوەن باخانە کە زۆر ئارەزووی لە خێرکردن نەبوو ئەڕۆیشت هێشوویەکی بێنرخی ئەهێناو

دەنکە خورماکانی یا پووچەڵ بوون یا وشك و بێ گۆشت بوون یا بەر لە پێگەیشتن شکابوون ·· بە هەرحاڵ خورماکەی باش نەبوو · جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ، وە حەزرەت فەرمووی . (لو ان احدکم اهدی الیه مثل ما اعطاه لم یأخذ الا علی اغماض وحیاء) · جا ئەڵێت : پاش ئەمە یەکێ لە ئێمە ئەگەر خورمای بهێنایێ لە باشترین خورمای ئەهێنا ·

(رواه الترمذي بسد صحيح) ·

﴿ الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بِالفَحْشَاءِ ﴾ :

دیارە ئەمە کە ئێوە شتی خراپ خەرج ئەکەن وە یا هەر هیچ ئیحسان ناکەن لەبەر ئیطاعەی شەیتانەو شەیتان ئەتانترسێنێ لە خەرج لە ڕێگەی خودا بەهۆی ئەوە کە وادەی گەدایتان پێ ئەدا، ئەڵێ پێتان : ئەگەر ئەمماڵەتان سەرف بکەن هیچتان بە دەستەوە نامێنێ و لات ئەکەون ·

هەروا فەرمانتان پێ ئەدا بە خەسڵەتی زۆر ناشیرین کە رژدییە ·

﴿ واللهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلاً ﴾ :

وە خودای تەعالا لەسەر خەرجەکەتان وادەی عەفوی گوناهنان پێ ئەداو وادەی زیادەدەوڵەمەندیتان پێ ئەدا ·

﴿ واللهُ واسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ (٢٦٨)

وە بەڕاستی خودای تەعالا کەرەمی گوشادەو زانایە بە مەسرەفی ئێوە وە ئەزانێ چۆن جەزاتان ئەداتەوە ·

ریوایەت کراوە لـە عەبـــدوڵلاوە (خ) کــە حەزرەت (د) فەرمووویەتی : ئەڵێ شەیتان خەیالات ئەخاتە دڵی ئینسانـــەوە ، جا خەیاڵو خەتەردکەی شەیتان ئەمەیە شتی ناپەسەند ئەهاوێتە ناو دڵی تینــــانەوە وە باوەڕ نەکردن بە حەق ، جا هەرکەسێ شتی باش کەوتە ناو دڵیەوە با بزانێ ئەوە لە لایەنی خوداوەیە وە حەمدو تەنای خوای لەسەر بکا وە هەرکەسێ خەیالاتی خراپی کەوتە ناو دڵەوە ئەوە با بڵێ (اعوذ بالله مـن الشـــــيطان الرجيم) جا پاش ئەمانە حەزرەت خوێندیەوە (الشيطان يعدكم الفقر ويأمركم بالفحشاء ، والله يعدكم مغفرة منه وفضلا واللـه واسع عليم • رواه الترمذي بسند حسن) •

جا لەبەر ئەوە کە کەسبو پەیداکردنی ماڵ لە رێگـــەی حەلاڵو شەرعییەوەو خەرجکردنیش لە رێگەی مەشروعا بـــە شێوەیێ کە سوودی لێ وەربگیرێ بەر حیکمەت ئەکـــەوێ ؛ چونکی حیکمەت مانای زانستی راستو کردەوەی راستە خـودا بەم موناسەبەوە فەرمووی :

﴿ يُؤْتِي الحِكْمَةَ مَنْ يَشاء ﴾ :

خودای تەعالا حیکمەت ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لێ ببێ •

﴿ وَمَنْ يُؤْتَ الحِكْمَةَ فَقَدْ أوتِيَ خَيْراً كَثِيراً ﴾ :

وە هەرکەسێ حیکمەتی پێدرابێ ئەوە خێرێکـــــی زۆری پێدراوە : چونکە بە هۆی ئەو حیکمەتەوە ئەگا بە بەختیـاریو پیرۆزی دنیاو قیامەتو پیرۆزی پاشەڕۆژ نابڕێتەوە •

﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُولُوا الأَلْبَابِ ﴾ (٢٦٩)

وه فیکر ناکاتەوە لە مەعنای ئەم ئایەتانەکە خودا ناردوونی بۆ رەهنومایی عام مەگەر ئەو کەسانە کە خاوەنی عەقڵو هۆشی خالیصو سافن ٠

بزانن ! حیکمەت لە زمانی عەرەبیدا هاتووە بە مانا : عیلمو زانست ، وە بە مانا حیلمو حەوسەڵە ، وە بە مانا عەدلو راستکاری لە وتارو کردارا ٠ ئەمە واتەی قاموسە ، وە لە تەفسیری (قرطبی) دا ئەڵێ : (الحكمة مصدر من الاحكام وهو الاتقان في قول او فعل ، انتهى) ٠ وە لەم ئایەتەدا بە گەلێ شت تەفسیر کراوەتەوە ٠

ئیبنو عەبباس فەرموویەتی : (الحكمة : المعرفة بالقرآن : فقهه ، ونسخه . ومحكمه ، ومتشابهه ، وغريبه ، ومقدمه ، ومؤخره ٠

وقال قتادة ومجاهد : الحكمة هي : الفقه في القرآن ٠ وقال مجاهد ايضا : الاصابة في القول والفعل ٠ الى اخر ما ذكروه) ٠

وە لە عورفی عیلمی کەلاما حیکمەت عیبارەتە لە زانینی ئەحواڵی حەقایق بەقەی تەوانای ئادەمیزاد ٠ جا ئەگەر ئەو ئەحواڵە لە ئیختیاری ئادەمیزادا نەبوو ، واتە شتێکی خاریج لە کارو کردەوەی ئادەمی بوو ئەوە (حیکمەتی نەظەریە) وەکو عیلم بە زاتی باری تەعالاو بە سیفاتی بەقەی تاقەت ٠ وە عیلم بە ئەحواڵی ئەفلاكو ئەستێرەکانو سووڕانەوەیان وە عیلم بە ئەحواڵی ئەجسام لە مەعادینو گیاو گیانلەبەران ٠ وە ئەگەر ئەو ئەحواڵە لە ئیختیاری ئادەمیزادا

بو ئەوە (حیکمەتی عەمەلیەیە) وەکو عیلمی (تهذیب الاخلاق) و (تدبیر المنزل) و (سیاسة المدن) ٠

وە گەلێ جار تەفسیری حیکمەت ئەکەنەوە بە شێوەیێ کە هەروەکو عیلم بەئەحوالی ئەعیان بگرێتەوە بەهەردو بەشەکەیەوە رەفتارکردنیش بە (ماهو الاسلم) بگرێتەوە بۆیە فەرموویانە (الحکمة : هي القیام بما ینبغي علما وعملا او هي خروج النفس من القوة الی الفعل في کمالها العلمي والعملي) وەکو زانایانی دین فەرموویانە ئەم مەعنا بەرزە دێتە جێگە لە پەیرەوی حەزرەتا (د) لە عەقیدەو بیروباوەڕا ، وە لە وتاراو لە کردارا ٠

جا من باوەڕم وایە کە حیکمەتی بە مانا (عەدل) یانی راستیو راستکاری هەموو کەمالاتێکی عیلمیو عەمەلی زانستیو کردەوەیی ئەگرێتەوەو هەر نەوعە مەعنایە مەقسوودە لەم ئایەتە کەریمەداو ئیصطیلاحاتی ئەربابی عولووم هەرچەند جۆرجۆرە بە گوێرەی بە حثی خۆیان بەڵام هەموویان وان لە ژێر حیکمەتی بەمانا عەدلدا (والله اعلم) ٠

پاش ئەوە کە خودای تەعالا تاریفی ئەوانەی کرد کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خــوادا بە بــێ منەتدانـانو ئازاردانی خەڵك ، وە باسی ئەوەی کرد هەرکـەسێ ماڵی خوێ بە ریابازیو دیمەنسازی سەرف بکات ئەوە بێ جەزایـەو پاش فەرمان بەسەرفی ماڵی باشو دوورکەوتنەوە لە سەرفی ماڵـی بێنرخ بە شێوەی گشتی فەرمووی :

﴿ ومَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ نَفَقَةٍ ﴾ :

هەر ماڵێ خەرجی بکەن کەم بێ یا زۆر بە پەنامەکـی یا بە ئاشکرا لە خێرا بێ یا لە شەڕا ٠

﴿ أَوْ نَذَرْتُمْ مِنْ نَذْرٍ ﴾ :
وه هەر ماڵێ کە بە شێوەی نەزر لە گەردنگرتن خەرجی بکەن بۆ تاعەتو رەزای خودا یا بۆ تاوانباری ٠
﴿ فَإِنَّ اللهَ يَعْلَمُهُ ﴾ :
ئەوه بەڕاستی خودا پێیئەزانێ و هیچی لێ ون نابێ ٠
﴿ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ﴾ (٢٧٠)
وه ئەو کەسانە کە ماڵ سەرف ئەکەن لە تاوانباریدا کەس یارمەتییان نادا بۆ رزگاربوونیان لە ئازاری قیامەت ؛ چونکی ئەو کەسانە ستەمکارنو ستەمکاران یارمەتیدەریان نییە لە قیامەتا ٠
ئەم ئایەتە بەرزە وادەی بە جەزای خێر دەرئەخا لە هەموو خەرجێکا کە لە یاسای شەرعا بێ مەرجەن ئەو خەرجە بۆ نەفسی خۆت یا بۆ ژنو منداڵتو باوکو دایکت بیکەی ، وه بە مەرجێ نیەتی تاعەت لە کاتی ئەم سەرفەدا ببێ خێرات ئەنووسرێ بۆ خاوەنەکەیان ، بۆیە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (گەورەترینی سەدەقە تیکەیەکە بیخەیتە ناودەمی ژنی خۆتەوه) ٠ هەروا مەسرەف بۆ میوانو بۆ دراوسێو بۆ داماوانو بۆ ئەو کەسانە کە داوای شت ئەکەن لە ئینسانێ ، حەتا ئەگەر کەسێ داوای ماڵی لێت ئەکرد کە ئەگەر شتی پێنەدەی ناوت بە خراپ ببا مادام ئیمکانت ببێ واجبە لەسەرت بۆ پاراستنی نامووسی خۆت شتی پێبدەی ، بەڵام بۆ ئەم نەوعە کەسە حەرامە وەری بگرن ٠ جا ئەم باسە وەکو (مەتەڵە) وایە : چ ماڵێکە کە واجبە لەسەر تۆ سەرفی بکەیو لەسەر کابرا حەرامە کە وەری بگرێ ؟ ٠

وه (نەذر) لە زمانی عەرەبا وادەیە بە چاکە یا بە خراپە •
وە لە شەرعا ئەمەیە : کە ئینسان خێرێ بگرێتە گەردنی خـــۆی
کە زاتەن واجب نەبێ •

لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی نەزر دوو بەشە ، یەکەم :
نەزری لەجاج • واتە خۆخستنە ناو رقەبەرییەوە ، وەکو بڵێ :
ئەگەر قسە بکەم لەگەڵ باوکم یا لەگەڵ فلان برادەرا دینارێکم
لەسەر بێ ، ئەمە ئەبێ بە هۆی کەفارەتی سوێندێ ، واتە ئیشەکە
بکاو کەفارەتی سوێندێ بدا بە داماوان • دووەم نـــــەزری
(تەبەڕڕوڕ) واتە خێرکردن وەکو ئەوە شتێکی خێر بگرێتـــە
گەردن ، وەکو ئەوە بڵێت : نەزربێت لەسەرم دەرزی شـــەرع
بڵێم بە فلانە (طالب العلم) • ئەمە ئەگەر (منجز) ە وەکو ئـــەم
میثالە کە مەرجی تیا نەبوو یا خود (موعەللەق) بێ وەکو ئەوە
بڵێت : ئەگەر خودا لەم نەخۆشینە رزگاری کردم نەزر بێ لەسەرم
دەرز بڵێم بە فلان کەس یا خودکاوڕێ سەربڕم لە فلان کاتــاو
فلان شوێناو بەشی بکەمەوە بەناو داماوانی ئەو شوێنەدا ، ئەوە
بەو گۆیرە کە بڕیاری داوە بەبێ تەبدیل واجبە لەسەری بەجێی
بێنێ ، ئەگەرنا تاوانبار ئەبێ •

بەڵام لەلای ئیمامی ئەبو حەنیفە (خ) نەزر مونەجەز بێ یا
موعەللەق موختەص نیە بە شوێنەوەو بە فەقیری ئەو شوێنەوە ،
کەوابێ ئەگەر یەکێ شتێ نەزر بکا بۆ فەقیرێ ، مەسەلا بڵێ :
ئەگەر ئەم نەخۆشەی شیفای بۆ هات صەد دینارم لەسەر نـــەزر
بێ بۆ گەدای سلێمانی ، دروستە بیدا بە فەقیری بەغدا • هەروەها
کاتیش تەماشا ناکرێ ، کەوابێ ئەگەر وتی : نەزر بێ لەسەرم دە

دینار بدەم بە فەقیرانی مزگەوتی فلان لە رۆژی جومعەی داهاتوودا• دروستە لە رۆژی پێنجشەمەدا پێیان بدا ، یا لە رۆژی شەمەدا • بەلام لە نەزری موعەللەقدا بە قەطعی دروست نیە لە پێش وجوودی (معلق علیه) دا کابرای نازیر ئەو ماڵە سەرف بکا ، کەوابێ یەکێ وتی : ئەگەر خودا شیفای ئەو نەخۆشەی دا نەزر بێ لەسەرم دە دینار بدەم بە فەقیرو هەژار ، ئەوە لە پێش شیفای نەخۆشەکەدا دروست نیە سەرفی بکا •

جا بۆ کاتی ناچاری یەکێ کە شافیعی مەزهەب بێ ئەتوانێ تەقلیدی حەزرەتی ئیمامی ئەعزەم بکا ، وە ئەو شتەی نەزری کردووە بۆ هەژاری شوێنێ بیدا بە هەژاری شوێنێکی تر •

﴿ إِنْ تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ ، وَإِنْ تُخْفُوهَا وتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنْكُمْ مِنْ سَيِّآتِكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾ (٢٧١)

ئەگەر ئەو سەدەقەو خێراتە ئەیکەن دەری‌بخەن لەناو خەڵکاو بە ئاشکرا بیدەن بە داماوان ئەوە باشە ، وە ئەگەر بیشارنەوەو بیدەن بە هەژاران ئەوە زۆر باشترەو بازێ لە تاوانەکانیشتان دائەپۆشێ • وە بەهەرحاڵ خودا خەبەردارە بە کردەوەی ئێوە •

لە قورطوبیدا ئەفەرموێت : جومهووری موفەسسیرەکـان بیریان وایە کە ئەم ئایەتە باسی سەدەقەی سوننەت ئەکا ، واتـە قسە لە زەکاتی‌فیترە نیە ،لەبەر ئەمە کە فەرموویەتی شاردنەوەی سەدەقەکە خێری زۆرترە لەوە بە ئاشکرا بیکەی ، هەروا باقی

عیبادەتەکان ئەوەی سوننەت بێ بیان شاریتەوە باشترە لەوە کە بەئاشکرا بیانکەی ؛ چونکی دوور ئەبن لە ریابازی ·

ئیبنو عەبباس (خ) فەرموویەتی : سەدەقاتی سوننەت بە پەنامەکی حەفتاقاتی سەدەقەی ئاشکرا خێری هەیە ، وە سەدەقەی فەرز ۆەکو زەکاتو فیترە بە ئاشکرا بیستوپێنج قاتی هەیە بەسەر ئەوانەیان بە پەنامەکی بیانکەی · جا قورطوبی فەرموویەتی : ئەگەر ئیبنو عەبباس نەیزانیاێی ئەمە فەرموودەی حەزرەتە (د) ئەمەی نەدەفەرموو ·

فەرموودەی خودا ــ جل جلاله ــ : (لیس علیك هداهم ··· الآیة) ئیبنو عەبباس ریوایەتی کردووە کە کۆمەڵێ لە ئەنصار خزمو دۆستیان بوو لەناو (بەنیقورەیظە) و (بەنینەضیر) داو ئەنصارەکان خێراتیان پێ نەئەدان بۆ ئەوە کە موحتاج بکەونو موسوڵمان ببن · خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکرد ئەفەرموێت :

﴿ لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ ﴾ :

واتە : هیدایەتی ئەو کافرانە لەسەر تۆ نیە وە خودا خۆی ویستی هیدایەتی هەرکەسێ بدا هیدایەتی ئەدا ·

﴿ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنْفُسِكُمْ وَمَا تُنْفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللهِ ﴾ :

واتە ئەو خێرەی سەرفی بکەن ئەوە ئەوابەکەی بۆ نەفسی خۆتانە لە حاڵێکا کە مەسرەف نەکەن ئیللا لەبەر داواکردنی رەزای خودا نەبێ ·

﴿ وَما تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ ﴾ :

وه هەر شتێ کەم یا زۆر سەرفی بکەن بەتەواوی جەزاکەی ئەدرێتەوە پێتان ٠

﴿ وأَنْتُمْ لا تُظْلَمُون ﴾ : (٢٧٢)

وه بە قەراری قەطعی ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ‌و جـــەزای ئەو کەرەمەو ئەو خەرجەتان دەست ئەکەوێ ٠

﴿ لِلْفُقَراءِ الَّذِين أُحْصِرُوا في سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

واتە سەرفی ماڵی خۆتان بکەن بۆ ئەو هەژارانە کە مەنـــع دراون لە کاسبی لەبەر جیهاد لە رێگەی خودادا ٠

﴿ لا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْباً في الأَرْضِ ﴾ :

ناتوانن بڕۆن بە عەرزا بۆ کەسبی ژیوار لەبەر ئەوە کـــە مەشغووڵی جیهادن ٠

﴿ يَحْسَبُهُمُ الجاهِلُ أَغْنِياء مِن التَّعَفُّفِ ﴾ :

پیاوی حاڵ‌نەزان گومان ئەبا بەوانە کە دەوڵەمەندن لەبـــەر ئەوە خۆیان دوور ئەخەنەوە لە سواڵکردن ٠

﴿ تَعْرِفُهُمْ بِسِيماهُمْ ﴾ :

ئەی رەهبەری خۆشەویست تۆ ئەو فەقیرانە ئەناسی بـــە ناوچاویانا لەبەر نیشانەی سوجدەبردنی زۆر ، وە یا لەبـــەر شێوەی بێ‌بەرگی‌و نەدارایی ٠

﴿ لا يَسْئَلُونَ النَّاسَ إِلْحافاً ﴾ :

وه داوای شت ناكەن لە خەڵك بە داواكردنێكی بەهێز وەها كە جیانەبنەوە لێی ٠

﴿ و ما تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴾: (٢٧٣)

وه ئەوەی سەرفی بكەن لە ماڵی دنیا لەبەر رەزای خـــودا ئەوە بەڕاستی خودا پێی ئەزانێ‌و جەزاتان ئەداتەوە ٠

سوددی‌و موجاهیدو غەیری ئەوانیش فەرموویانە : موراد لەم فوقەرایە لە ئایەی (للفقراء الذين احصروا ٠٠٠ الآيـــة) فەقیرەكانی موهاجیرینن لە قورەیش‌و غەیری قورەیش وه بـــە زاهیری عومووومەكەیشی شامیلە بۆ هەموو فەقیرێ لە فوقـــەرای موسوڵمانان‌و ئەهلی زیممە ٠

وه ئەو فوقەرای موهاجیرینە تەقریبەن چوارصەد كەسـێك بوون‌و ئەمانە كاتێ هاتن بۆ خزمەتی پێغەمەر نە ماڵ‌و نە ئەهلیان نەبوو ، وه ئەمانەوە لە صوففەدا ، واتە لەو سەكۆدا كە حەزرەت (د) بۆی دیاری‌كردبوون لە مزگەوتی مەدینەی مونەووەرەدا ٠

ئەبو زەڕی غەفاری (خ) ئەڵێ من لەو كەسانە بووم كە لـــە مزگەوتی حەزرەتا بـــووم‌و كاتـــێ ئێوارەمـــان لێ‌ئەهـــات گردئەبووینەوە لە دەرگای ماڵی حەزرەتا (د) ئەویش هەریەكێ لە ئێمەی ئەدایە دەستی یەكێ لەوانە كە ماڵی هەیە وه لەو كۆمەڵی ئەهلی صوففە دە كەس یا كەمتر ئەمایەوە ، وه كاتێ كە تەعامی ئێوارە ئەهات بۆ حەزرەت (د) نانمان لەگەڵیا ئەخواردو لە پاش نان‌خواردن ئەیفەرموو پێمان : (ناموا في المسجد) واتە بخەون لە مزگەوتا ٠

﴿ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوالَهُمْ بِاللَّيْلِ والنَّهارِ سِرّاً وعَلانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ ولا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ولا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ : ٢٧٤)

واته ئەو موسوڵمانانە کە دارایی خۆیان خەرج ئەکەن بە شەوو بە رۆژو بە پەنامەکیو ئاشکرا ئەوە ثابتەو دامەزراوە بۆ ئەوان ثەوابیان لەلای خوداوە ، وە پاش مردن ترسیان نیە لە موستەقبەلیانو دڵگرانو زویریش نابن لەسەر دنیای رابوردوویان ٠

ئیبنو سەعد لە طەبەقاتا فەرموویەتی : ئەم ئایەتە نازڵبووە لە شانی ئەو موسوڵمانانەدا کە سەرفی ماڵی خۆیان ئەکەن لە ئالفو ئالیکی ئەسپو ماینیانا بۆ ئەوە جیهادیان لەسەر بکەن ٠
وە ریوایەتکراوە لە ئیبنوعەبباس : ئەم ئایەتە نازڵبووە لە شانی حەزرەتی عەلیدا ، جارێ چوار درەمی هەبوو درهەمێکیان لە شەواو ، درهەمێکیان لە رۆژاو ، درهەمێکیان بە پەنامەکیو ، درهەمێکیان بە ئاشکرا خەرجی کردن ٠

وە قاتەدە فەرموویەتی : ئەم ئایەتە نازڵبووە لەوانەدا کە خەرجی ماڵی خۆیان ئەکەن بە بێ تەبزیرو تەقتیر،واتە لە سەرفی ماڵی خۆیانا شتێ ناکەن ببێ بە ئیسرافو زیادەڕەوی ، وە رژدیش ناکەن وەها مەشهوور بین بە لەئامەت ٠

جا لە کاتێکا خودای تەعالا باسی ئەو ئینسانە خاوەن ئیحسانانەی کرد کە بە خەرجی ماڵی حەلاڵی خۆیان بەختیاری هەتا هەتایە وەرئەگرن چونکی ئەو ماڵە ئەدەن لە رێگەی خودادا ٠٠ هات باسی ئەو ئینسانە خاوەن نوقسانانەیشی کرد

کە بە کەمێ لە ماڵی خۆیان گەلێ ماڵو رەنجی شانی ئینسانی داماو وەرئەگرنو خۆیان ئەهاوێنە ناو هاوییەی بەدبەختییەوە ، وە فەرمووی :

﴿ الَّذِين يأْكُلُونَ الرِّبو لا يَقُومُونَ إلا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطانُ مِنَ المَسِّ ﴾ :

ئەو کەسانە کە سوودی ناشەرعی ئەخۆنو دارایی ئادەمیزاد بە ناحەق وەرئەگرن راستنابنەوە لە گۆڕ لە کاتی زیندووبوونەوەیان بۆ پرسیارو جەزای پاشەڕۆژ ئیللا بە حاڵێکی پەرێشانو سەرلێشێواویەوە وەکو ئەو فێدارانە کە شەیتان دەستیان لێئەوەشێنێ ، چۆن ئەمان ئەڕۆن بە رێداو ئەکەون بەملاو بەولادا ئەوانیش وا ئەڕۆن بۆ مەیدانی حسێب •

﴿ ذَلِك بِأَنَّهُمْ قالُوا : إنَّما البَيْعُ مِثْلُ الرِّبوا وأحَلَّ اللهُ البَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبوا ﴾ :

ئەم سەرلێشێوانەو ئەم رەوتو رێگەی پەرێشانەی رۆژی قیامەتیان لەبەر ئەوەیە گوێیان نەئەدا بە فەرمانی خودا کە سوودخواردنی حەرام کردووەو ئەیانوت : ئاڵوویری عادەتی ناو بازاڕی ئادەمیزاد وەکو مامەڵەی بەسوود وایە ، ئەو ئاڵوویرانە فەرقیان نیەو هەردوویان حەڵاڵن • بەڵام نافامن وەیا بیر ناکەنەوە کە خودا بەیعی حەڵاڵ کردووە لەبەر ئەوە بە یاسای دین کەسیان ماڵی کەسیان بە بێتۆڵە نەخواردوە ، بەڵام لە مامەڵەی بەسوودا بەشێ لە ماڵی سوودەدەرەکە بە بێ

تۆڵە وەرگیراوە •

﴿ فَمَنْ جاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فانْتَهى فَلَهُ ما سَلَفَ وأَمْرُهُ إِلى اللهِ ومَنْ عادَ فَأُولئِكَ أَصْحابُ النّارِ هُمْ فِيها خالِدُونَ ﴾ (٢٧٥)

دەی جا لەم تەئرىخەوە كەسێ ئامۆژگارییەکی لەلای خودای خۆیەوە بۆ هات وە ئەویش دەستبەردار بوو لە سوود ئـەوە داوای ئەوەی لێناکرێ کە رابوردووە، با بۆ ئەوبێ،وە ئیشی ئەو وا بەلای خوداوە ، بەلام کەسێ گاڵتە بکا بەم ئەمرەو موبـالات نەکا بەم زەجری خودایەو هەر وەکو لەمەوپێش دەستبکاتـەوە بە سوودخواردن ئەوە بزانن بێگومان لەوانەن کە ئەهلی ئاگری دۆزەخنو ئەوان لەو ئاگرە گەرمە بە تاوەدا ئەمێننەوە هەتـا هەتایە •

﴿ يَمْحَقُ اللهُ الرِّبوا ويُرْبِي الصَّدَقاتِ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان بزانن بەڕاستی کـە خودای تـەعالا بەرەکەتو پیرۆزی لـە ماڵی وەرگیراو بـەسوودا وەرئـەگرێو خێر ناداتەوە بۆ خاوەنەکەی بەڵکو گیرۆدەی زییانی ئـەکا ، یا بە زییان لە ماڵو داراییەکەی وە یا بە هۆی دەردو بەلاو نەخۆشیو ناساغی خۆیو ئەهلی خانەدانەکەی ، وە یا بە هۆی هێرشی لافاوی تالانو زیانی تیجـارەتـەوە ،وە یـا بەهـۆی دڵتەنگـیو بەگیان‌نەکەوتنی ئەو لەزەتانە کە وەری‌ئەگرێ ؛ چونکی ئـەو کەسە کە ئەچێ بە گژی فەرمانی خودادا کافر ئەبێ لە دینـی خوداداو تاوانباریش ئەبێ بە هۆی بێرەحمیو بێویجدانـی لەگەڵ ئادەمیزادی داماوا •

﴿ واللهُ لا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴾ (٢٧٦)

وە مەعلووم کەخودایش خۆشی نایێ لەوانە کە کافــــرو تاوانبارن •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وأَقَامُوا الصَّلاةَ وآتَوُا الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ ولا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ولا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ : (٢٧٧)

وە هەر وەکو ئەوانە کە کافرو تاوانبارن وان لەناو ئاگری بەتاوی دۆزەخا هەتاهەتایە ، ئەو کەسانەیش کــــە ئیمــــانو باوەڕیان هەیە بە خودای خۆیان لەسەر ئەو یاسا کە پێغەمەری نازار تالیمی داونو کردەوەی باش ئەکەن لەگەڵ نەفسی خۆیان وە ئەوانەی وان لەبەر دەستیاو لەگەڵ ئادەمیزادا بە یاسای دیــن موعامەلە ئەکاو واجباتو مەندووباتی نوێژەکانیان بەڕاســـتی بەجێ دێنن وە زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بە داماوان بۆ ئەوان هەیە ئەجرو جەزای باشو ڕەزای خوداو پیرۆزی لەلای خودای خۆیان . وە لەڕۆژی پاشەڕۆژا ترسو بیمیان نیە لە پێشـــــداو دڵگرانو زویریش نین لە کردەوەی دنیایان •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین امنوا اتقو الله •••) الآیة

عەطاو عیکریمە وتوویانە : ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانـــی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبو عوتمانی کوڕی عەففانــــدا : وەختی خۆی سەلەمیان دادابوو لە خورمادا جا کاتی خورمابڕین خاوەنی خورماکە پێی وتن : ئەگەر ئێوە هەموو حەقەکەتـــان

وەربگرن ئەوەندەم خورما بۆ نامێنێتەوە بەشی عائلیەکەم بکا • جا ئێستە نیوەی حەقەکەتان وەربگرن‌و نیوەیشی بمێنێ تا ساڵی ئایندە بۆتان ئەکەم بە دووقات ئەوانیش قەبووڵیان کرد ، لە ساڵی ئایندەدا داوای زیادەکەیان کردو ئەم باسە گەیشت بە حەزرەت (د) ، وە حەزرەت مەنعی کردن لەم زیادە وە ئایەت هاتە خوارەوە :

﴿ یا أَیُّها الَّذِین آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَذَرُوا ما بَقِيَ مِنَ الرِّبا إِنْ کُنْتُمْ مُؤْمِنِینَ ﴾ : (٢٧٨)

واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان بە خودایە لە خودا بترسن‌و دەسبەردار ببن لەوەی ماوەتەوە لە (سوود) ەکەتان ئەگەر ئیمانتان هەیە • وە ئەوانیش وتیان : (سمعا وطاعة) وە دەسبەردار بوون •

وە بازێ تر فەرموویانە : ئەم ئایە هاتەخوارەوە لە شانی چوار برا لە هۆزی (بنی ثقیف) کە سوودیان وەرئەگرت لە هۆزی (بنی مغیرة) وە ئەم هۆزە سوودیان ئەدا بەوان لە زەمانی جاهیلیەتا ـ پێش ئیسلامییەت ـ کاتێ دەوری دینی ئیسلام هات ئەو چواربرا موسوڵمان بوون ، لە پاشان داوای حەقی سوودەکەیان کرد لە (بني مغيرة) ؛ چونکی بە یاسای ئەو چەرخە حەقێکی مەشرووع بوو • جا بەنی‌موغیرەکان وتیان : وەڵڵا ئێمە لە دەوری ئیسلامیەتا سوود نادەین‌و خودا سوودی لابردووە لەسەر موسوڵمانان‌و نیزاعەکەیان برد بۆ لای عوتابی کوڕی ئوسەید کە لەو ڕۆژەدا لە لایەنی حەزرەتەوە فەرمانداری شاری مەکەی موکەڕەمە بوو ، عوتاب ئەم قەزییەی نووسی بۆ

حوزووری حەزرەت (د) ، وە سوودەکەیش میقداریکی زۆر بوو • کاتێ نامەکەی عوتاب گەیشت بە حەزرەت (د) ئەم ئایەتە نازڵبوو حەزرەت (د) نووسی بۆ عوتابو فەرمووی : ئەگەر بەنی ئەقیف رازیبوون بە حوکمی ئەم ئایەتە باشە ئەگەرنا خەبەریان پێبدە کە حازربن بۆ حەرب لەگەڵ خوداو پێغەمەرا (د) •

عوتاب ئەو نامەی حەزرەتەی بۆ ناردن ، ئەوانیش وتیان : حازرین بۆ ئیطاعەی فەرمانی خوداو پێغەمەری خوداو ئەگەڕێینەوە بۆ لای خوداو ئێمە رازین بە ئەسڵی سەرمایەکەی خۆمانو سوودمان ناوێ •

﴿ فَاِنْ لَمْ تَفْعَلوُا فَأْذَنوُا بِحَرْبٍ مِنَ اللهِ وَرَسوُلِهِ ، واِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوالِكُمْ لا تَظْلِموُنَ وَلا تُظْلَموُنَ ﴾ (٢٧٩)

ئەگەر دەسبەردار نەبنو واز لە سوودخواردن نەهێنن ، خۆتان ئامادە بکەن بۆ جەنگێك لەگەڵ خوادا • وە ئەگەر وازبێننو بگەڕێنەوەو تۆبە بکەن ئەوە سەرمایەی قەرزەکەتان وەربگرنەوەو واز لە قەرزارەکە بێننو نە ستەم ئەکەن لەکەسو نە ستەمتان لێ ئەکرێ •

وە لەو سەردەمەدا بەنیموغیرە ماڵیان بە دەستەوە نەبووو نەیانئەتوانی کە سەرمایەکەیش بدەنەوەو داوایان کرد لە (بني ثقيف) کە مۆڵەتیان بدەن تا واریدات پێئەگا • ئەوانیش بەمە رازی نەبوونو داوای سەرمایەکەیان ئەکرد • جا لەسەر ئەم رووداوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە :

﴿ وإنْ كان ذو عُسْرَةٍ فنَظِرَةٌ إلى مَيْسَرَةٍ ﴾ :

واته ئەگەر قەرزارێکی نەدارا بوو کە سەرمایەکەیشی پێ نەدەدرایەوە ئەوە واجبە مۆڵەتیان بدەن هەتا کاتێ دەوڵەمەند ئەبن ۰

﴿ وأنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لكُمْ إنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (٢٨٠) ۰

وە بەخشینی سەرمایەکەیش بەو قەرزارە بێ‌ماڵەو ئازادکردنی بە تەواوی چاترە بۆ ئێوە لە دنیاو قیامەتا : لە دنیادا بۆ ئیثباتی پیاوەتی‌و شەرافەت ، وە بۆ ئەوە کە خەڵکی تر چاوتان لێ بکا ، وە بۆ صیلەی رەحم ، ئەگەر یارۆ خزم بوو ، وە لە قیامەتا بۆ وەرگرتنی کەرەم‌و پایەی بەرز لەلایەنی خوداوە ۰

ئەگەر بزانن بە مایەی ناوی باش‌و پایەی عەفوی خودای میهرەبان ۰

بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لەفزی (ربا) لە زمانی عەرەبا : بە مەعنا زیادەیە ۰ وە لە عورفی شەرعا : بە مەعنا زیادەیە لە تۆڵەی ماڵا لەکاتی مامەڵەکردندا بە مەرجێ نەوعی ماڵەکان یەك بن ۰ وە ئەم (ربا) دوو نەوعە ؛ یەکەم : (ریبای نەسیئە) وەکو ئەوە کە دە دینار بدەی ئیمڕۆ بە دە دینار کە سبەینێ وەری‌بگری ، ئەمە لەم صوورەتەدا ریبا وا لە پاش‌کەوتنی تۆڵە لە لایەکەوە ؛ چونکی مادام دینار ئەفرۆشێ بە دینار ئەبێ بۆچێ ئەوە کە تۆ ئەیدەی بە کابرا حازرە وە بۆچی ئەو حازرنیەو ئەکەوێتە سبەینێ ؟

دووەم (ربا الفضل) : وەکو ئەوە دیناریێ بفرۆشی بە دوو دینارو فەورەن وەریبگری • وە ریبا لەم صوورەتەدا دیـــارە ئەوەیە لەلایەکەوە یەك دینار ئەدریێ وە لەولاوە دوو دینــارەو دیناریێکیان موقابیلی هەیەو دیناریێکیان موقابیلی نیە •

وە نەوعە ریبایێ بووە کە لە زەمانی جاهیلیەتدا باو بووە ، ئەوەیش ئەمەیە یەکێ ئەندازەی صەد دیناری داوە بــە کەسێ لەسەر ئەم شێوە هەموو مانگێ میقداریێ پارە وەربگریێ لــــەو کەسەو ئەصڵـــی صەد دینارەکەیش هەر بمێنێتەوە ، جا ئــەگەر لەو کاتەدا کە بڕیاریان داوە بۆ ئەوە سەرمایەکەی پێ بداتــەوە ئەو سەرمایەیە پێدایەوە ئەوە باشە ، وە ئەگەر نەیبووو داوای کرد مۆڵەتی بدا تا ساڵێ ــ مەثەلا ــ ئەوە بڕیاربووە کە میقداری مانگانەکە زیاد بکا ، یانی ئەوسا مانگی دیاریێکی ئەدا ئێستا دوو دینار ئەدا ••• وە سەرمایەیش هەر بە ساغی ئەمایەوە !

جا ئەم نەوعە دروستە پێی بڵێین (ربا الفضل) چونکی ئەو میقدارە کە داویە بە کابرا هەر ماوەتەوە لە گەردنیاو لەســەری هەموو مانگێکیشا زیادەیەکی وەرگرتووە لەو کابرا ، وە ئەگەر لەکاتی تایبەتیدا پارەکەی وەرنەگرتایەتەوە لە کابرا مانگانەکەی زیاد ئەکرد لەسەریو سەرمایەیش هەر ثابتبوو • وە دروستــە پێی بڵێین (ربا النسیئة) ؛ چونکی ئەو زیادە کە وەریئەگریێ لە کابرا لە موقابیلی پاشخستنی تەسلیمی ئەو ئەندازە پارەیەتە کە داویە بە کابرا • ئەگەرنا ئەگەر پاش نەکەوتایێ ئەو زیادەیــە وەرنەدەگرت •

باسی دووەم : ربا بە هەردوو بەشەکەیەوە حەرامە بە دەلیلی

قورئانو فەرموودەی پێغەمەر (د) و (ئیجمـــاع) یەکگرتنـی ئیمامانی موجتەهیدین ·

دەلیل لە کیتابا چوار ئایەتە ، یەکەم : ئایەتی سیونۆهەمی سوورەتی (روم) کە خودا فەرموویەتی : (وما آتیتم من ربـا لیربو في أموال الناس فلا یربو عندالله ، وما آتیتم من زكـــوة تریدون وجه الله فاولئك هم المضعفون) · واتە ئەوەی ئێـــوە ئەیدەن بە خەلك لە زیادە بۆ ئەوە کە مالّی خەلّکی پێ زۆر ببێ ئەوە ئەو مالّە زیاد نابێ بەلای خوداوە لەسەر مالّی کابرا،وە مالّی کابرای پێ زیاد نابێ بەلّکو زۆر نزیکە مالّی کابرای پێ بفەوتێ ، وە ئەم ئایەتە مەکییە ، لە مەکەدا نازلّبووەو بە زاهیر بۆ ریبای (فەضل) و (نسیئە) دەست ئەدا ·

دووەم : ئایەتی(۱۳۰) لە سوورەتی ئالی عیمران کـــە لـە مەدینەدا نازلّبووە : (یا أیها الذین آمنوا لا تأكلوا الربا اضعافا مضاعفة واتقوا الله لعلكم تفلحون) ، وە ئەم ئایەتە نەصە لـە ریبای فەزلّدا بە شێوەی چەنقات ، وە طەبعەن ئەو نەوعە ریبایە لەگەلّ پاشکەوتنی تەسلیمی سەرمایەکەدا بووە ·

وە ئایەتی سێهەم : ئایەتی دووصەدو حەفتاو هـەشتە لـە سوورەتی (بەقەرە) کە لە مەدینەی مونەووەرەدا نازلّبـووە لە پاش فەتحی مە ککەی موکەڕڕەمە لە واقیعەی داواکردنی (بەنی ثەقیف) بۆ سوودی مامەلّەکەیان لە (بەنی موغیرە) لە زەمانـی فەرمانداری (عوتاب) لە مەککەدا ، وەکو باسمان کرد · (یا أیها الذین امنوا اتقوا الله وذروا ما بقی من الربوا ان کنتم مؤمنین) ئەمەیش بە زاهیر دەست ئەدا بۆ هەردوو نەوعەکەی ریبا کـــە

ریبای زیادەو ریبای نەسیئەیە ٠

ئایەتی چوارەم : ئایەتی دووصەدو حەفتاو پێنجە (الذين يأكلون الربا لا يقومون الا كما يقوم الذي يتخبطه الشيطان من المس ٠٠٠ الاية) لە سوورەتی (بەقەرە) دا ئەمەیش بە زاهیر عامەو شامیلە بۆ هەموو نەوعێ لە ریبا ٠

وە حەملکردنی ئەم ئایەتانە لە سوورەتی بەقەرەدا لەسەر ریبای (اضعافا مضاعفة) بە قەطعی وەجهی نیە ؛ چونکی ئەم دوو ئایەتی سوورەتی بەقەرە عامن‌و ئایەتی (اضعافا مضاعفة) خاصە ، وە بە یاسای ئوصووڵ زیکری فەردێ لە ئەفرادی عام نابێ بە هۆی تەخصیصی عامەکە بەو فەردەوە ٠

وە موخالەفەی ئیبن‌وعباس (د) لەسەر ئەم ئەساسە نیە کە (ریبا) بە مانا زیادەیەو هەموو زیادەیەکیش لە مامەڵەدا حەرام نیە ، کە وابێ ئەبێ ریبای (اضعافا مضاعفة) بێ ٠ بەڵکو موخالەفەکەی ئەو لەبەر حەدیثی (لا ربا الا في النسيئة) بووە وە ئەوەیش جوابی دراوەتەوە بەوە کە ئەو حەدیثە شەریفە بۆ کاتی ئیختیلافی جینسەین بووە لە بەیعی ماڵی (ربوی) دا وەکو بەیعی ئاڵتوون بە زیو یا بەیعی گەنم بە جۆ ٠ عەلاوەی ئەمە ئیبن‌و عەبباس پەشیمان بووەوە لەو بیری خۆیە ، پاش ئەوە کە ئەبو سەعیدی خدری حەدیثی (الذهب بالذهب ربا ٠٠) یە تا ئاخر گێڕایەوە بۆی ٠

وە ئەمما دەلیلی سوننەت ئەوە وەکو ئەو حەدیثانە کە ریوایەتکراون لە حەرامی ریبادا ٠ (من جوملە) ریوایەتکراوە : کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (اجتنبوا السبع

الموبقات ، قيل : يا رسول الله وما هي ؟ قال : الشرك بالله ، والسحر ، وقتل النفس التي حرم الله الا بالحق ، واكل الربا ، واكل مال اليتيم ، والتولى يوم الزحف ، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات) • هەروا ريوايەتكراوە لە حەزرەتەوە (د) (انه لعن آكل الربا ، وموكله ، وشاهديه ، وكاتبه •) رواهما البخاري ومسلم •

وە ئەمما ئیجماع لە سەر حەرامی ریبای فەزڵ وەکو ریبای نەسیئە ئەوەیە : کە لە کتێبە گەورەکانا ئەیگێرێتەوە وەکو مەجموعی ئیمامی نەوەوی ، موغنی ئیبنو قوددامەی حەنبەلیو غەیری ئەمانە • وە هەرکەسێ موراجەعەیان بکا باش حاڵی ئەبێ •

وە خیلافی ئیبنو عەبباس (د) ماوەیێ بووە ، وە لە پاشا ئەبو سەعیدی خدری (د)و غەیری ئەو بۆیان ریوایەتکرد ئەو حەدیثانە کە ئەبن بە هۆی حەرامی ریبای فەزڵ ، وەکو دیارە بۆ کەسێ موراجەعەی کوتوب بکا •

وە ئەگەر کەسێ بە دیقەتو وردبوونەوە تەماشا بکا ئەزانێ سیرڕی حەرامکردنی مامەڵەی سوود (ربا) هەر ئەو زیادە ماڵەیە کە کابرای سوودخۆر وەری ئەگرێ بە ناحەقو بە بێ موقابیل : خواە ئەو زیادە تەکراربێتەوە هەتا ئەگا بە پایەی (اضعافا مضاعفة) یا نەگاتە ئەو پایە وەکو ئەوە یەکێ بازنێك یا خڵخاڵێ دە مثقاڵی بدا بە دوازدە مثقاڵ ئاڵتوون ، یان کابرای خاوەن پارە دوو مثقاڵ ئاڵتوونی خۆی بدا بە دوو مثقاڵ بەڵام حازر نەبێو پاش رۆژێ بیداتەوە ؛ چونکی خاوەن ماڵەکە

مادام پارەکەی بە قەرز پێنەداوە هەتا ئیحسانێکی بۆ حسێب بکرێ بەڵکو بە فرۆشتن داویە بە کابرا مەعنای نیە ماڵی یەکێکیان بە نەخت وەربگیرێو ئەویان پاش ماوەیێ تەسلیمی بکا ئەوە وای لێدێ (کأنە) پارەی یەکەم ئینسان لە نرخا کەم بووە لە کابرای دووەم ٠

هەروا یەکێ تەفەکور بکا لە مەعنای ئایەتی (فان تبتم فلكم رؤس اموالكم لا تظلمون ولا تظلمون) حاڵی ئەبێ هەرکەسێ زیاد لە ماڵی خۆیو زیاد لە نەختی خۆی هەرچەند وەربگرێ ئەوە ئەبێ بە (ربا الفضل) حەرامە ٠

وە بەم تەقریرە ریبا لە جوملەی (وحرم الربوا) ئیجمالی تێدا نامێنێ : چونکی هەر مامەڵەیەك زیادەی یەکێ لە (متماثلین) هاتە جێگە تیایا ئەوە حەرامە : خواە بگات بە (ئەضعاف) یا نە ، وە خواە لەگەڵ دواکەوتنی تەسلیمی یەکێ لە بەدەلەکان بێ یا نە ٠

وە حەزرەت (د) بۆیە باسی ئەو شەش نەوعە ماڵەی کردووە هەتا یەکێ تەوەهوم نەکا کە ریبا هەر لە ئاڵتوونو زیوا هەیە ، نەك لە باقی ئەشیای مەطعوومەدا وە هەر ریبا بە هۆی دواکەوتنی یەکێ لەو دوو بەدەلەدا ئەبێ ، وە تا هەموو موسوڵمانان بزانن کە ریبا لە ئاڵتوونو زیوا وە لە خواردەمەنی کە خەڵك پێویستیان بێ دێتە جێ ؛ چونکی موخالیفی عەدالەتی ئیسلامە لە موعامەلەدا کە لە دوو شتی مەطعوومی هاووێنەدا یەکێ لە تەرەفەین بە بێ موقابیل زیادە وەربگرێ ٠

وە بە تایبەتی حەزرەت (د) ئەم شەش مادەی ژمارد : چونکی

له شاری مەدینەی مونەووەرەدا بە شێوەی سوود موعامەلەیـان تێدا ئەکردو حەزرەت مەبەسی ئەوەبوو ئەو موعامەلەیشە نەمێنێ وە ئیللا هەرچی خواردەمەنی بوو لە کاتـــی موعامەلـــەی دوو هاووێنە موساوات واجبە لە ناویانا ·

وە ئەو شەش مادەیە کە حەزرەت (د) فەرمووی : سوودیان ئێدایە لە گەلێ ریوایەتا هەن · (وروی مسلم عن ابي هريرة رضى الله تعالى عنه ــ قال : قال ــ صلى الله عليه وسلم ــ الذهب بالذهب وزنا بوزن مثلا بمثل ، والفضة بالفضة وزنا بوزن مثلا بمثل ، فمن زاد او استزاد فقد اربى · وروى مسلم عن عبادة بن الصامت قال : قال رسول الله ــ ص ــ : الذهب بالذهب ، والفضة بالفضة ، والبر بالبر ، والشعير بالشعير ، والتمر بالتمر ، والملح بالملح مثلا بمثل سواء بسواء يدا بيد ، فاذا اختلفـــت هـــذه الاصناف فبيعوا كيف شئتم اذا كان يدا بيد) ·

وە دیارە لەلای ئەوانە کە لە سیرەتی حەزرەت (د) ئاگادارن کە حەزرەت (د) لە خوتبە مەشهوورەکەی (حجة الوداع) دا بـە ئاشکرا فەرمووی بە عالەم : (كل ربا في الجاهلية موضوع ، لكم رؤس اموالكم لا تظلمون ولا تظلمون) ·

وە لەلای خەواصی دین دەرکەوت ریبا ــ بـە هـــەردوو نەوعەکەیەوە ــ حەرامە بەبێ گومان · وە ئەو شوبهە کە بازێ کەس دەری ئەبڕنو ئەڵێن : حەزرەتی عومەری کوڕی خەتـاب فورموویەتی : (أيها الناس ثلاث وددت ان رسول الله كان عهد الينا فيهن عهدا ننتهي اليه : الجد ، والكلالة ، وأبواب الربا) مەبەس لەو فەرموودەیە لە خوصووصی سوودەوە ئەمەیە : کـــە

حەزرەت (د) غەیری (ئەشیای ستة) : ئاڵتوونو ، زیـــوو ، گەنمو ، جۆو ، خورماو ، خوێ • باسـی خواردەمەنـی تـــری نەکردووە ، پێمان خۆش بوو کە پرسیاری لێ بکەین • واقیعەن غەیری ئەم شەش شتە (ظاهیری) یەکان ئەڵێن سوودیان تێـــدا نیەو باقی ئیمامەکان ئەڵێن : عیللەت لە حورمەتی ریبادا ئەگەر پێوانەو کێشانە بێ یا تامو خواردن بێ ، وە یا قووتو ژیوار پێکردن بـێ لـە هەر شتێکا بێتەجێگە ئەوەیش هەر ســـوودی تێداهەیەو بە قەطعی حەزرەتی عومەر مەبەستی (ربا الفضل) و (ربا النسیئە) نەبووە ؛ چونکی ئایەتی سوورەتی (روم) لە مەکەدا هاتووەتە خوارو ئایەتی سوورەتی (بەقەرە : ٢٧٨ ، یا ایها الذین امنوا اتقوا الله وذروا ما بقي من الربوا ان کنتـــم مؤمنين) چەن ساڵ لە پێش وەفاتی حەزرەتا نازڵ بووەو ئایەتـــی سوورەتی (ئالی عیمران ، یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا الربـــا اضعافا مضاعفة) لە پێش ئایەتی (الیوم اکملت لکم دینکـــم واتممت علیکم نعمتي) بە ماوەیێ نازڵبووە ، ئەگەر ئیشتیباهێ لە (ربا الفضل) دا ببوایە عەرزیان ئەکرد ، بەڵێ ئایەتـــــی (الذين يأكلون الربا لا يقومون الا كما يقوم الذي يتخبطـــــه الشيطان من المس) ئاخر ئایەتێکە لە باسی ریبادا نازڵ بووەو بە صوورەتی عوموومو هەموو ریبای حەرام کرد ، وە لە پاش ئەو ئایەتی : (واتقوا یوما ترجعون فیه الی الله ثم توفیت کل نفس ما کسبت وهم لا یظلمون) هاتەخوارو بە ئیخباری جوبرەئیـــلی ئەمین لە ژمارەی دووصەدو هەشتاو یەکا لە سوورەتی بەقەرەدا دانرا • وە حەزرەت (د) لە پاش ئەم ئایەتە بیستو یەك رۆژ

ژیاوه ، کەوابێ وەحی تەواوبوو لە یازدەهەمی مانگی سەفـەرا لە ساڵی یازدەی کۆچیدا • وە قسەی ئەو کەسانە کە وتوویانە : ئاخر ئایەتێ کە هاتووەتەخوار ئایەتی ریبا بووە موسامەحەی تیایە ، مومکینە مەبەسیان لە ئایاتی ئەحکامی موعامەلە بووبێ ، وە مەعلوومە کە ئاخر سوورەتێ نازڵ بووبێ ئەوەیش سوورەتی (نەصر) بووە بە بێخیلاف • بە ریوایەتی بەیهەقی وەکـو لە زەرقانی شەرحی مەواهیبی لەدونیەدا لە باسی (حجة الوداع) ا فەرموویەتی : ئەو لە پاش ئایەتی (الیوم اکملت لکم) دا لـە ناوەڕاستی (ایام التشریق) دا هاتە خوارەوە •

باسی سێهەم : پێویستە بزانن هەروەکو سوود لە ئاڵتوونو زیودا حەرامە هەروا لە ئەوراقی نەقدییەیشدا وەکـو ئـەم کاغەزانە کە دەوڵەتەکان رەواجیان پێداون حەرامەو بە قەطعی فەرق نیە لە بەینی ئەمانا لە گەڵ ئاڵتوونو زیودا ؛ چونکی ئەم کاغەزانە وان لە جێگەی پارەی نەختاو رەواجیـان پێـدراوەو مەبەس لەمانە چارکردنی ئیحتیاجی ئادەمیزادە لە خریـدو فرۆشدا ، وە ئەگەر ئەمانە بە دەستەوە نەبن لەم رۆژەدا کـە دەوڵەتەکان ئاڵتوونو زیویان هەڵگرتووە عالـەم ئەفەوتـێو ئادەمیزاد ژیوار ناکەن ، وە ئەگەر ئەمانە سوودیان تێدا نەبێ لەبەر ئەوە کـە ئاڵتوونو زیو نین ئەبێ موعامەلەیش بەمانـە بەتاڵ بێو ئەبێ زەکاتیشیان تێدا نەکەوێ ••• وە ئەمە ئەبێ بە هۆی هەڵگرتنی روکنێ لە پێنجروکنەی ئیسلام • وە ئەم قسـە کە من لەم مەقامەدا ئەیکەم لەسەر ئەساسی ئەوەتە کە بە هێزی دەوڵەت ئەمانە بوون بە قیمەت بۆ ئەشیا لە بازاڕەکانی دنیاداو

فەرقیان نیە لەگەڵ پارەی نەختا ؛ چونکی مەدار لەسەر رەواجی رۆژە . واتە بە قیاس لەسەر پارەی نەخت تیعتیبار ئەکرێن ۰

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە : ئەم کاغەزانە وەکــــو سەنەدی قەرز وانە ؛ چونکی هەر تاجیرێ لە وڵاتی بێگانـــەوە بێو ملیۆنێ دینار مامەڵەی هەبێ ئەتوانێ ئەو ملیۆنە دینـــاری وڵاتی خۆیە ببڕێ بەسەر ئەم دەوڵەتەدا کە تیجارەتی تێدا ئەکـا مادام حوکوومەتەکەی خۆی لە بانگی عالەمیدا (رەصید) ی هەیە ، یانی ئەونە پارەی هەیە کە بەقەی ئـەوراق زۆر بێ ۰ کەوابێ بەم قەرارە ئەم کاغەزانە لەلای هەرکەسێ ببن (کأنە) بـــەو حسێبە پارەی نەختی لەلایە ۰

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە وە فـەتوایان داوە لـــە پێنجصەد ساڵ لەمەوپێشا کە دروستە فلووس بدرێ بە زەکاتا لە باتی ئاڵتوونو زیو ، وە دیارە ئەمە هەر لەســـەر ئەساســـی قیاسکردنی فلووس بووە لەسەر پارەی نەخت لەوەدا کـــە بـــە هۆی فەرمانی دەوڵەتەوە مامەڵەیان پێ ئەکرێ ۰

ئەگەر کەسێ بڵێت : ئەو زانا کە ئەم فتوای داوە (مجتهد) نەبووە تا ئەم قیاسە بکا ! ئەوە دوو جوابی هەیە ۰

یەکەم : ئەمە لازم ناکا ئەم فتوایە لەسەر قیـاس بـــێو ئەگونجێ وەریگرتبێ لە ئوصوولی ئیمامە موجتەهیدەکەی کە خۆی تەقلیدی کردووە ۰

دووەم : بینا لەسەر ئەوە ئیجتیهاد قەبووڵی تەجەززی ئەکا قابیلە ئەو زاتە لەم مەسئەلەی مامەڵەدا ئیجتیهادی کردبـــێ ؛

چونکی قیاسەکەی قیاسێکی (جەلی) یەو پێویست بە فکری ورد ناکا ٠

جا خودای تەعالا بۆ تەئکید لەسەر ئەمر بە دەسبەردار بوونی موسوڵمانان لە خواردنی سووْد فەرمووی :

﴿ واتَّقُوا يَوْماً تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلى اللهِ ﴾ :

خۆتان بپارێزن لە عەزابو ئازاری رۆژێ کە لەو رۆژەدا ئەبرێنەوە بۆ لای خوداو مەجالی یارمەتی دۆستو خزمو هاوپەیمان نیە ٠

﴿ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ ما كَسَبَتْ ﴾ :

لە پاشان ئەدرێتەوە بە هەموو کەسێ جەزای ئەو کردەوەیە لە دنیادا کردوویەتی ٠

﴿ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ ﴾ (٢٨١)

وە ئەو کەسانەیش کە ئەبرێنەوە بۆ لای خودا ستەمیان لێ ناکرێ ٠

موفەسسیرەکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە ئاخر ئایەتێکە هاتووەتە خوار ؛ چونکی کاتێ کە حەزرەت تەشریفی رۆیشت بۆ (حجة الوداع) ئایەتی : (ویستفتونك قل : الله یفتیکم في الکلالة ٠٠٠) نازڵبوو ، وە لە عەرەفاتا ئایەتی : (الیوم اکملت لکم دینکم ٠٠٠) هاتە خوارەوە ، وە لەپاش ئەوە هاتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە ئایەتی : (واتقوا یوما ترجعون فیه الی الله ٠٠) نازڵبوو ، وە لە پاش ئەم ئایەتە حەزرەت (د) وەفاتی کردو گەیشت بە پایەی بەرزی خۆی (د) ٠

جا پاش باسی ئەمە کە ئەحکامی سەرفکردنی ماڵی کرد لە ڕێگەی خودادا وە مەنعی موسوڵمانانی کرد لە موعامەلەی (ربوییە) و هەڕەشەی کرد لەوانە ئەو مامەڵە ئەکەن ••• هات باسی موعامەلەی شەرعیو تیجارەتو ئاڵوویری کرد ، هەتا هەموو کەسێ بزانێ کە خودای تەعالا مەبەستی هەیە کە موسوڵمان بە هۆی کەسبو کارەوە وە بە هۆی تیجارەتو شاردوشارەوە بە مامەڵەکردن نانی خۆی پەیدا بکاو ژیوارێکی باش ڕێك بخاو فەرمووی •

﴿ يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا إِذا تَدايَنْتُمْ بِدَيْنٍ إِلى أَجَلٍ مُسَمًّى فاكْتُبُوهُ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام ! هەر کاتێ ماڵێکتان فرۆشت بەپارەیێ کە حازر نەبێو قەرز بێ لەسەر کڕیارەکە هەتا وادەیەکی دیاری کراو ئەو قەرزە بنووسن• وە یا خود هەر کاتێ موعامەلەی سەلەمتان کردو پارەتان دا بە کەسێ بە شتێکی مەقصوودی خاوەن سوودی مەزبووت وە شتەکە حازر نەبوو وە بڕیارتان دا کە لە وادەیەکی مەعلوومدا ئەو شتەتان بۆ بێنن •• ئەوە ئەو شتە بنووسن با مامەڵەکەتان دیاری بێو لە پاشان نەبێ بە هۆی ئاشووب لە ناوتانا •

﴿ وَلْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كاتِبٌ بِالْعَدْلِ ﴾ :

وە با نووسەرێ لە بەینی ئێوەدا ئەو مامەڵە بنووسێ بە صوورەتی ڕاستی بە بێ زیادو کەم •

﴿ وَلا يَأْبَ كاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَما عَلَّمَهُ اللهُ ﴾:

با مه نع نەکا ئەو نووسەرە لە نووسینی ئەو مەقصەدە وەکو خودا تەعلیمی کردووەو پێی نیشان داوە ٠

﴿ فَلْيَكْتُبْ ﴾ :

دەی با ئەو نووسەرە بینووسێ ٠

﴿ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ ﴾ :

با قسە دابنێ بۆ نووسەرەکە ئەو پیاوە کە حەقەکەی لەسەرە ٠

﴿ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ ﴾ :

با ئەو کابرایە لە خودا بترسێ ئەو حەقە بە تەواوی باس بکا بۆ کاتبەکە هەتا بینووسێ ٠

﴿ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا ﴾ :

وە لەو حەقە وا بە سەریەوە هیچ کەم نەکا ٠

﴿ فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ ﴾ :

جا ئەگەر ئەو کەسە کە حەقەکەی لەسەرە بێعەقڵو بێڕوشد بوو یا منداڵ بوو یا پیرێکی سەرلێتێکچوو بوو یا خود مەجالی ئەوەی نەبوو قسە بکا بۆ کاتبەکە یا لەلایا حازر ببێ یا زمانی نەدەزانی با ئەو کەسە کە خاوەنی کاری ئەو کەسەیە وەکو وەلیی ئەمر یا قەییمێ کە قازی دایئەنێ یا وەکیلی ئەو یا تەرجەمانی وتاری ئەو ئەو قسانە بکا بۆ کاتبەکە ٠

﴿ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ ﴾ :

وه بەو نووسینە بە تەنیا قەناعەت مەکـــەن ، بـــەڵکودوو شاهیدیش رابگرن لە پیاوانی خۆتان لە موسوڵمانەکان بۆ ئەوە کە لە پاشەڕۆژا ئەگەر نیزاعێ کەوتە ناویان شاهیدی بـــدەن لەسەر ئەو حەقە ٠

﴿ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ ﴾ :

ئەگەر ئەو دوو شاهیدە کە مەقسوودن بـــۆ ئاگاداری دوو پیاو نەئەبوون ٠

﴿ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ ﴾ :

با شاهیدەکان پیاوێك‌و دوو ژن بن ٠

﴿ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ ﴾ :

جا ئەو دوو شاهیدانە کە پیاون یا ئەو پیاو و دوو ژنـــە لەوانە بن کە ئێوە رازین لە کردەوەو ئەخلاقیان بۆ ئەوە بـــە ئەمانەت ئەو حەقە رابگرن‌و لە کاتی پێویستا شەهادەت بدەن بۆ خاوەن حەقەکە ٠

﴿ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى ﴾:

بۆیە ئیعتیباری دوو ژنمان لە باتی پیاوێکا کردووە لـــە هەڵگرتنی شەهادەتا لەبەر موراعاتی ئەوە قابیلە یەکێ لەو ژنانە ئەو واقیعەیە لە بیر بچێتەوە جا لەو کاتەدا ئەو ژنەکەیان ئـــەو واقیعە ئەخاتەوە بیری ئەوەیان کە لە بیری چووە ٠

﴿ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا ﴾ :

وە نابێ‌و دروست نیە کە شاهیدەکان مەنعی خۆیان بکەن لە

ئەدای شەهادەت کاتێ کە بانگکران بۆ ئەدای شەهادەتەکەیان، یا خود نابێ مەنعی خۆیان بکەن لە هەڵگرتنی شەهادەت لە کاتی زەبتی واقیعەدا وە لە ئەدای شەهادەت لە کاتی داوای حەقەکەدا • جا خودا رووی کردەوە کاتبو نووسەرەکانو فەرمووی :

﴿ وَلا تَسْأَمُوا أَنْ تَكْتُبُوهُ صَغِيراً أَوْ كَبِيراً إِلى أَجَلِهِ ﴾ :

واتە مەلوولو تەمەڵ مەبن لەوە کە ئەو حەقە بنووسن ، بچووك بێ یاگەورە ، لەگەڵ نووسینی وەعدەی دانەوەیشیا • یا خود مەلوول مەبن لە نووسینی ئەو حەقە ، بچووك بێ یا گەورە ، هەر وەختێ خاوەن موعامەلەکان داوای نووسینیان لێکردن هەتا رۆژێ کە وەعدەی دانەوەی دێ • واتە هەر لە کاتی روودانی موعامەلەکەدا پێیان وتن بینووسن یا لە پاش ماوەیێ هاتن داوای نووسینیان کرد هەر بۆیان بنووسن هەتا ئەو رۆژە وادەی دانەوەی حەقەکە دێت •

﴿ ذَلِكُمْ أَقْسَطُ عِنْدَ اللهِ ﴾ :

ئەم نووسینی حەقە عەداڵەتو راستکاری زۆترە لەوە کە تەنها بە شەهادەت قەناعەت بکەن •

﴿ وَأَقْوَمُ لِلشَّهادَةِ ﴾ :

وە راستەوەکەریشە بۆ شەهادەتدان •

﴿ وأَدْنَى أَنْ لا تَرْتابُوا ﴾ :

وە نزیکتریشە لە نەکەوتنەگومانو شوبهەوە لە حەقەکەدا ، وە هەموو کاتێ شاهید رابگرن لەسەر موعامەلەو بینووسن •

﴿ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجارَةً حاضِرَةً تُدِيرُونَها بَيْنَكُمْ ﴾ :

مەگەر ئەو موعامەلەیە ئەیکەن تیجارەتێ بێ بە موقابیلی قیمەتی حازرەوە کە لەناوتانا ئیدارەی ئەکەن‌و رای‌ئەبوێرن •

﴿ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُناحٌ أَلاَّ تَكْتُبُوها ﴾ :

ئەوە لەو نەوعە تیجارەتەدا تاوانتان لەسەر نیە لەوەدا کە نەینووسن ؛ چونکی موعامەلەکە بە نەخت تەواوئەبێ وە یا بە بێ دواکەوتنی موقابیل ئەبڕێتەوە • وە مادام لە نەنووسینی ئەو تیجارەتەدا تاوانبار نابن لە شاهیدنەگرتنا هەم تاوانبار نابن ؛ چونکی بیمی نیزاع نیە لە موستەقبەلدا •

﴿ وَأَشْهِدُوا إِذا تَبايَعْتُمْ ﴾ :

بەڵام شاهید رابگرن کاتێ کە موعامەلەتان بە کڕین‌و فرۆشتن بوو مادام تیجارەتێ بە ماڵی حازر نەبێ •

﴿ وَلا يُضارَّ كاتِبٌ وَلا شَهِيدٌ ﴾ :

با زیان نەدا نووسەر لە نووسینی حەقەکەدا نە بە کەم نە بە زیاد نە لە خاوەن ماڵ نە لە ماڵ‌سێن ، هەروا با شاهیدیش زیان نەدا لە کاتی ئەدای شەهادەتا لە یەکێ لە تەرەفەین •

﴿ وَإِنْ تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ ﴾ :

وە کردنی ئەم کارە کە زیان‌دانە لە یەکێ لەو دوو لایەی کاتب‌و ئەی شاهید لادانە لە دینی پاکی ئیسلام بۆ ئێوە •

﴿ وَاتَّقُوا اللهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللهُ ﴾ :

ئێوه خۆتان بپارێزن له لادان له فەرمانی خودای تــەعالاو خودای تەعالایش ئەوەتان نیشان ئەدا که چۆن به عیبارەتـــی راست ئەو ڕووداوانه بنووسن‌و به کەلیماتی موافیقی واقیـــع ئەو شەهادەته بدەن •

﴿ وَاللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾ (٢٨٢)

ئاگاتان له خۆتان بێ له جانیبی (مدعی) و (مدعی علیه) وه کەس تەئثیرتان لێ نەکا نه له شەهادەتا نه له خوێندنـــەوەی سەنەداتا ؛ چونکی خودا بەهەموو شتێ ئەزانێ •

﴿وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِباً فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ ﴾ :

وه ئەگەر له کاتی موعامەلەکردنتانا ـ لەسەر قیمەتێ کــه حازر نەبوو ـ له سەفەرا بوون کاتبتان دەست نەکەوت ئـــەوه مەسڵەحەتی ئێوه گرەوێ وه بارمتەیەکه وەریبگرن‌و له دەستتانا بمێنێتەوه هەتا حەقەکەتان تەسلیم ئەکەن ، مادام ئەمین نەبـــن لەوانه موعامەلەیان لەگەڵا ئەکەن •

﴿ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُـــمْ بَعْضـــاً فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللهَ رَبَّهُ ﴾ :

وه ئەگەر بازێکتان ئەمین بوون له بازێکتان‌و بیمتان لـــه زایەبوونی حەقەکەتان نەبوو ئەوه بارمته پێویست نیه ، وه لەم کاتەدا با ئەو ماڵسێنه قەرزاره که به ئەمین دانراوەو ڕەهنـــی لێوەرنەگیراوه ئەو حەقه که به ئەمین حسێب‌کراوه لەســـەری بیداتەوه به خاوەنەکەی وه له خودای خۆی بترسێ‌و خەیانـــەت

نەکا لە باتی ئەمانەت •

﴿ وَلا تَكْتُمُوا الشَّهادة ﴾ :

وە ئێوەیش ئەی شاهیدانی موعامەلات شەهادەتەکـــەتان مەشارنەوە لە کاتی پێویستا •

﴿ وَمَنْ يَكْتُمْها فاِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ ﴾ :

وە هەرکەسێ شەهادەت بشارێتەوە ئەو دڵـــی تاوانبارە ؛ چونکی کردەوەووتاری باش لە دڵەوە دێ کە دڵ ئەمری نەدا بـــە چاکە ئەوە ئەو دڵە ساغ نیە •

﴿ و اللهُ بِما تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾ (٢٨٣)

وە خودا بە هەموو شتێ زانایەو لەسەر خەیر تەوانایە •

بزانن ! لە مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتی (یا أیها الذین آمنوا اذا تداینتم بدین)دا ئیبنو عەبباس (خ) فەرموویەتی :ئەم ئایەتە نازڵبووە لە موعامەلەی سەلەمدا کاتێ کـــە حەزرەت (د) هاتە مەدینەی مونەووەرە تەماشای کرد سەلەمیان ئەکرد لـــــە خورمادا بۆ دوو ساڵو سێ ساڵ • جا حەزرەت (د) فەرمـــووی : کەسێ کە سەلەم ئەکا با سەلەم بکا لە پێوانەیەکی مەعلووما ، یا لە وەزنی مەعلووما هەتا وادەیێ مەعلووم • جا خودای تەعـــالا ڕێگەی ئیحتیاتو پارێزی نیشانی موسوڵمـــانان داو فەرمووی : (اذا تداینتم بدین الی أجل مسمی فاکتبوه) •

وە بازێ وتوویانە : ئەم ئایەتە لە قەرزدانەوەدا نازڵبووە ، واتە پارە بەقەرز بدەی یا خود خواردەمەنی وەکو گەنـــــمو هاووێنەی • بەڵام ئەم قسە ڕاست نیە ؛ چونکی بە ئیتتیفاق لە

قەرزدانا وادە موعتەبەر نیە ، یانی مادام ئەو قەرزە ئەیدەی بە موساعەدەیە : هەر کاتێ داوای بکا لە قەرزارەکە دروستە ، وە واجبە کابرا ئەو قەرزە بداتەوە • وە ئەو تەماشاکردنی وادە کە دائیرە لەناو خەڵکا هەر لەسەر پیاوەتی خۆیانە ، بەڵام لە فرۆشتنی ماڵدا بە پارە بە قەرز تا وادەی ساڵێ ــ مەثەلا ــ ئەو وادە واجب ئەبێ • هەروا لە سەلەمدادانا وادە واجب ئەبێ ، واتە ئەگەر کەسێ دە دیناری بە عەقدی سەلەم دا بە دوو تەنەکە رۆنی ساغ کە پاش چوار مانگ بیدا بە خاوەن پارەکە ئەوە تا ئەو چوار مانگە تەواو نەبێ کابرا حەقی نیە داوای ئەو دوو تەنەکە رۆنە بکا •

کە وابوو وەکو ئیمامی رازی فەرموویەتی موعامەلە یا عەین بە عەینە ، یانی ماڵێ ئەدەی‌و موقابیلەکەی وەرئەگری ، ئەمە مەجالی باسی وادە نیە تیایا • وە یا دەین بە دەینە ئەمە موعامەلەیەکی پووچ‌و بەتاڵە لە دینا • ماوەتەوە ئەم دوو ئیحتیمالە کە موعامەلە بەیعی عەین بێ بە دەین ، واتە فروشتنی ماڵێ بە دە دینار بە وەعدەی ساڵێ ئەوە راستەو وادەکەیش جیگەی ئیعتیبارە • وە ئەگەر دەین بە عەینە وەکو ئەوە خاوەن رۆن دە کیلۆ رۆنی ساخی مەڕ ئەفرۆشێ بە دە دیناری نەخت‌و دە دینارەکە وەرئەگرێ‌و وادە دائەنێن کە لە پاش چوار مانگ ئەو رۆنە تەسلیم بکا بە خاوەن پارەکە ئەمەیش راستەو وادەکەی موعتەبەرەو ناوی عەقدی سەلەمە ، کەوابوو ئەم ئایەتە بۆ ئەم دوو موعامەلەیەو بەس •

وه مادام ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی (بەیع) و (سەلەم) و (رەهن) ی تێدابوو بەکورتی ئەرکانی ئەم موعامەلانەتان بۆ بەیان ئەکەم :

ئەرکانی بەیع سیانە عاقید : کە بائیعو موشتەرییە ، ماڵفرۆشو ماڵسێن ٠ وە (معقود علیە) ئەو شتەکە ئەفرۆشرێ ٠ وە (صیغە) ئەو لەفزە کە ئەم موعامەلەی پێ ئەکرێ ، کە (ئیجاب) لە لایەنی ماڵفرۆشەوە (قەبوول) ە لە لایەنی ماڵسێنەوە ٠ وە شەرتی عاقید ئەمەیە روشدی ببێ ٠ وە روشد برێتییە لەوە ئەو کەسە لەو کاتەدا کە باڵغ بووە مەسڵەحەتی دینو دنیای خۆی بزانێو رەفتاری پێ بکا ٠ جا ئەگەر بەم جۆرە باڵغ بوو وە بەو شێوە دەوامی کرد ئەوە موعامەلەی دروستە ، وە ئەگەر تا ماوەیێ رەشید بوو پاش ئەوە دەستی کرد بە کردەوەی ناشەرعی ئەوە ئەگەر قازی مەنعی نەکا لە موعامەلە دروستە موعامەلە بکا لەبەر ئەوە وەختی خۆی بە رەشیدی باڵغ بووە ٠ وە ئەگەر قازی مەنعی کرد لە موعامەلە ئەوە بە قەطعی موعامەلەی دروست‌نیە وە لەسەر ئەم پاسا هەرکەسێ بە رەشیدی باڵغ نەبووبێ ئەوە (سەفیه) ەو موعامەلەی بەتاڵە ، وە ئەم سەفیهە پێی ئەڵێن سەفیهی ئەسڵی ، وە ئەو کەسە کە بە رەشیدی باڵغ ئەبێو لە پاشا لائەدا بۆ کاری ناپەسەندو ناشیرین بەڵام قازی موبالاتی پێ ناکا ئەوە پێی ئەڵێن (سەفیهی موهمەل) واتە سەفیهێ کە قازی موبالاتی پێ‌نەکردووەو حیجری نەخراوەتە سەر ٠

وە بازێ لە زانایانی شافیعی‌مەذهەب فەرموویانە : روشد عیبارەتە لەوە ئینسان مەسڵەحەتی دنیای خۆی بزانێ هەرچەن

مەسڵەحەتی دینی نەبێ •

هەروا شەرتی عاقید ئەوەیە موختار بێو بە ئیکراهو زۆرکاری موعامەلەی پێ نەکرێ مەگەر زۆرکردنەکە شەرعی بێ وەکو زۆرکردن لە کەسێ ماڵی خۆی بفرۆشێ بۆ دانەوەی حەقی حەقدار •

وە شەرتی (معقود علیه) ئەوەیە عەینەکەی پاك بێو نەفعی تێدا ببێو ، قابیل بێ تەسلیم بکرێ بە موشتەرییەکەو لەژێر تەسەڕڕوفی عاقیدەکەدا بێ • بەم جۆرە کە موڵکی خۆی بێ وە یا موڵکی ئەو کەسە بێ کە ئەوی کردووە بە وەکیل ، وە ئەو ماڵەیش مەعلووم بێ ، کەوابێ فرۆشتنی یەکێ لە دوو شت بە بێ دەربڕینو دیاریکردنی بەتاڵە •

وە شەرتی صیغە ئەوەیە کە ئیجابو قەبووڵەکە تەردیدو جەهالەتیان تێدا نەبێ ، وە قەبووڵی موقابیل لەسەر گوێرەی موجیب بێ ، وە طوولی فەصل لە بەینی ئیجابو قەبووڵدا نەبێ کە بریتییە لە شەش کەلیمەی عورفیە • ئەگەرنا ئەو بەیعە بەتاڵە • کەوابوو ئەگەر عەینێ هەبوو بە پارەی نەخت ئەفرۆشرا بە دینارێو بە پارەی (مؤجل) وادەدار تا مانگێ ـ مەثەلا ـ بە دینارێكو صەد فلس وە کابرای ماڵفرۆش لەگەڵ ماڵسێن ڕێکەوت بە نەخت فرۆشتی بە دینارێو ماڵسێن قەبووڵی کرد ئەوە موعامەلەکە دروستە • هەروا ئەگەر ماڵفرۆش لەگەڵ ماڵسێن ڕێکەوت بە وادەی مانگێ پێیفرۆشت بە دینارێكو صەد فلسو کابرا قەبووڵی کرد ئەمەیش دروستە چونکی لە هەردوو صوورەتەکەدا لەفزی ئیجابەکە دوو دڵی تێدا نەبووە •

بەلاٌم ئەگەر ماڵفرۆشەکە بە یەك عیبارەت وتی بە ماڵسێن : وا ئەم عەینەم پێ فروشتی بە نەخت بە دینارێ یا بە وادە بــە دینارێك‌و صەد فلس وە ماڵسێنەکە قەبووڵی کرد ئەوە ئــەو بەیعە بەتاڵە؛چونکی لەفزی بائیع بە عیبارەتی تەردید ئیجابەکەی کردووە • وە ئەمەیە مەعنای ئەوە کە حەزرەت(د) نەهی کردووە لە دوو بەیع لە یەك بەیعا ؛ چونکی ئەو صیغە وارید ئەبــێ بە لەفزی (یا) کە وا لە جێگەی (أو) دا ئەوەیش بەتاڵە ، نەك لەبەر ئەوە بەنەخت قیمەتی کەم بووەو بە وادە قیمەتــی زۆر بووە ؛ چونکی ئەمە بە قەطعی دروستە لەبەر ئــەوە بە هــۆی وادەوە قیمەتی ماڵ زۆر ئەبێ‌و زاناکان لەهەر چوار مەزهەبــا دانیان ناوە بەمەدا •

وە بزانن (ریبا) سوود هەر لە نەخت‌و خواردەمەنییایە •

جا لە موعامەلەی بەیعدا ماڵ لە هەردوو لادا ئاڵتوون بوو یا زیو بوو ، یا یەك خواردەمەنی بوو ئەوە واجبە ئەو دوو ماڵە بە قەی یەك بن‌و وادە لە موعامەلەکەدا نەبێ بۆ هیچ کــام لــە ماڵەکان وە دەست بە دەست هەردوو جانیب قەبزو ئیقبــــاز بەجێ بێنن •

کەوابێ فرۆشتنی دە مثقاڵ ئاڵتوون بە دە مثقاڵ‌و نیــو ، وە فرۆشتنی دە کیلۆ گەنم بە دە کیلۆو نیو گەنم بەتاڵە ؛ چونکی موساوات نیە لە بەینی ماڵەکانا • بەلاٌم ئەگەر ماڵەکان جینسیان جیاواز بوو وەکو ئالتوون بە زیو یا گەنم بە جۆ ئەوە موساواتی هەردوو ماڵەکە پێویست نیەو هەر ئەوەندە واجبە کــە لــە

موعامەلەکەدا وادە نەبێو هەردوو لا دەست بە دەست قەبزو ئیقباز بەجێ بێنن ، کە جیا بوونەوە هیچ لە بەینا نەمێنێ ٠

وە ئەگەر لە جانیبێکەوە نەخت بوو ئالتوون یازیو وە لەولاوە غەیری نەخت بوو ئەوە موعامەلەکە دروستە چی موساوات لە وەزنا ــ مەثەلا ــ ببێ یا نەبێ ، وە دەست بە دەست ببێ یا نەبێ ، وە وادە لە موعامەلەکەدا ببێ یا نەبێ ، بەڵێ ئەگەر وادە بوو واجبە مەعلووم بێ ٠

وە عەقدی (سەلەم) عیبارەتە لە فرۆشتنی شتێك کە لە زیمەدا بێو مەوسووف بێ بە سیفاتێ کە شتەکە لە نامەعلوومی دەربکا ، وە ئەرکانی ئەم موعامەلە چوارە : (مسلم) سەلەمدادەر ٠ (مسلم الیه) سەلەملەلادادراو ٠ (مسلم فیه) ئەو ماڵە کە مەقسوودە بۆ کابرای سەلەمدادەر ٠ (رأس المال) واتە ئەو نەختە یا ئەو شتە کە ئەیدا بە کابرای (مسلم الیه) ٠

جا شەرتی عاقیدەکان روشدە وەکو لە پێشەوە باسمان کرد ٠ وە شەرتی (مسلم فیه) ئەوەیە زەبت بکرێ بە وەسفکردن ، وە جینسێ بێ کە غەیری ئەو جینسەی تێکەڵ نەبێ ، وە ئاگر تەئثیری تێدا نەکردبێ بۆ کوڵاندن یا برژاندن یا سوورەوەکردن ، وە ئەمما تەئثیری ئاگر بۆ سافکردنی هەنگوێن لە مێو وە یا سافکردنی کەرە لە دووك قەی ناکا ٠ وە ئەو (مسلم فیه) یە نەخۆی لەبەر چاوا بێ نە جوزئێ بێ لە شتێکی وا لەبەر چاوا بێ ؛ چونکی فرۆشتنی موعەیینەو بەرچاوی بەیعەو سەلەم نیە ٠

وه کاتێ دروسته سەلەم لەو ماڵەدا کابراکان هەردوویـان یا هەر خاوەنپارەکە وە یا تەنیا خاوەنماڵەکە باسی جینسی ئەو (مسلم فیه) یە بکاو باسی نەوعەکەیشی بکا ، وە باسی ئـــەو سیفەتانەی بکا کە ئەبێ بە هۆی زیادی قیمەت وە یا کەمـــی قیمەت وە باسی میقدارەکەی بکرێ بە جۆرێ کە بە نامەعلوومی نەمێنێتەوە ، وە ئەگەر وادەداریش بوو باسی وادەی تەسـلیمی ماڵەکە بکرێ ، وە باسی شوێنی تەسلیمی ئەو ماڵەیش بکـــرێ ئەگەر سەلەمەکە لە شوێنێکدا درا کە گوێزانەوەی ئەو ماڵە بۆ ئەو شوێنە زەحمەتی ببێ • وە شەرتی (راس المال) ئەوەیـــە مەعلووم بێ وە لە پێش ئەوە کە عاقیدەکان لە یەك جیاببنەوە ئەو (رأس المال) ە بدرێ بە دەستی موقابیلەکەیەوە • وە شەرتی (صیغه) کەیش ئەمەیە کە ناجیز بێو قەیدو تەعلیقی تێـــدا نەبێ •

وە هەر وەختێ کەسێ ماڵێکی فرۆشت بە کەسێ وە ئـــەو کەسە پارەی نەختی نەبوو تەسلیمی بکا بە خـــاوەن ماڵەکـــە دروستە بۆ ئەو موشتەرییە ماڵێ دابنێ لەلای خـــاوەن ماڵـــە فرۆشراوەکە بۆ ئەوە کە لە کاتی هاتنی وەعدەی تەسلیمی ئـــەو پارەی بەدەلی ماڵە فرۆشراوەکە ئەگەر کابرا پارەی نەبوو ئـــەو مەرهوونە بفرۆشرێو پارەی کابرای لێ جێبەجێ بکرێ •

وە هەر شتێ دروست بێ بفرۆشرێ دروســـتە دایش بنرێ لە رەهندا مادام ئەو حەقە کە مەرهوونەکەی بـــۆ دائەنـــرێ دامەزرابێ لە زیمەدا •

جا لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا لەم سوورەتی (بەقەرە) دا

گەلێ فائیدەی دینیو دنیایی باسکردووە ، وەکو ئیمان بە زاتی خوداو بە سیفاتی خوداو ، بە پێغەمەران (د) ، هەروا باسی نوێژو رۆژوو زەکاتو حەجو قیصاصو جیهادو حەیزی ژنو تەلاقو عیددەو مارەیی ژنو حەقی تەمەتوعو خولعو (ئیلاء) و شیرخواردنو بەیعو (ریبا) سوود خواردنو چلۆنێتی قەرزدان بەخەڵك ... کە ئەمانە هەموو پێویستن بۆ ئینسان بیانزانێو ریعایەتیان بکا .. هات ئاخری ئەم سوورەتەی هێنا بە بەیانی ئەوە کە ئەم ئاسمانو عەرزە مولکی خودایەو کەس لە دەستی خودا دەرناچێو خودا بە هەموو شتێ ئەزانێو تەوانای هەیە لەسەر هەموو جەزایەك بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد باش بێتە ریزی ئەوانەوە کە بە پیرۆزی ژیاونو بە بەختیاری مردوون وە فەرمووی :

﴿ لِلّٰهِ ما في السَّمٰواتِ وما في الأرْضِ ﴾ :

واتە هەر بۆ خودایە بە دروستکردنو بە بەخێوکردنو هێشتنەوە وە فەوتاندنو لەناوبردن هەموو ئەوەی وا لە ئاسمانو لە عەرزا بە وشکانیەوەو بە دەریایەوە .

﴿ وَإِنْ تُبْدُوا ما في أَنْفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحاسِبْكُمْ بِهِ اللّٰهُ ﴾ :

جا ئەگەر ئێوە دەربخەن بە ئاشکرا بە کردەوە ئەوەی کە وا لە دڵتانا یا خود بە پەنامەکی بیکەنو خەڵك پێی نەزانێ ، وە یاخود ئەگەر ئەوەی عەزمتان لەسەر کردوە لە دڵتانا بە کردەوەی دەرەوە باش دەری بخەن وە یا هەر لە دڵتانا بمێنێتەوە ئەوە

خودا موحاسەبەتان لەگەڵدا ئەکا لە رۆژی قیامەتا •

﴿ فَيَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ ﴾ :

ئەوسا لە پاش موحاسەبە چاوپۆشی ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ • وە ئازار ئەدا ئەو کەسەیش کە بیەوێ ئازاری بدا •

﴿ واللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (٢٨٤)

وە خودا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایەو کەس ناتوانی مەنعی بکا •

جا بزانن لەسەر تەفسیری یەکەم بۆ فەرموودەی خودا (وان تبدوا ما في انفسكم او تخفوه) کە بوو بە کردنی ئەوەی عەزمی لەسەر کردووە بیکا بە ئاشکرا وا کە خەڵك بزانن ، وە یا بە پەنامەکی بە قەطعی ئیعتیراض نیە لە ئارادا ؛ چونکی هەر کردەوەیێ هۆشیار بیکا موحاسەبەی لەسەر ئەکرێ : خواه خەڵك پێی بزانن یا نەزانن •

هەروا لەسەر تەفسیری دووهەم کە مەبەس لە (ابداء) کردنی مەعزوومات بوو بە رەفتار ، وە مەبەس لە (اخفاء) هێشتنەوەی بوو لە دڵدا ؛ چونکی ئەدیللەی صەحیحە لە کیتابو لە سوننەت هەیە لەسەر ئەوە کە ئینسان مەسئولە لە عەزم لەسەر کردنی شتی حەرام با نەیشیکا ، وە موحاسەبەی لەسەر ئەکرێ ، جا ئیتر خودا عەفوی بکا یا عەزابی بدا ، وەکو ئایەتی (لا يؤاخذكم الله باللغو في ايمانكم ولكن يؤاخذكم بما كسبت

قلوبکم) ، وه غەیری ئەمەیش ، بەڵێ ئینسان مەسئوول نیــە لە چوار مەرتەبەی خاطیراتی نەفسی لە پێش پایەی عەزما ، وەکو دەرئەکەوێ لە گەڵێ دەلیل • (من جوملە) لە حەدیثی (ان الله تجاوز لامتي عما حدثت به انفسها ما لم يتكلموا او يعملوا به) وە ئەمەی کە لە نەفسا ئەگەڕێ ئەبێ ئەوانە بن کە نەگەن بــە پایەی عەزم ، ئەگەرنا مەعلوومە لەلای هەموو هۆشیارێ کــە عەزم لەسەر کوفر ، با لە دڵدا بێ ، بە کوفر ئەژمێررێ ، وە نیفاق وا لە دڵداو ئینسان تاوانبارە لەسەری‌و رق‌هەڵگرتن‌و کینەکاری لەگەڵ ئەهلی خێرا گوناحە بە بێ‌گومان هەرچەند گوناحەکەیان لەو کاتەدا هەروا لە دڵدا کەمتر بێ لەو حاڵە کە بە کردەوەیش ئاثارەکانیان بێنێتە جێ •

وە داوای ئەوە کە ئایەتی (وان تبدوا ما في انفســكم او تخفوه يحاسبكم به الله) مەنسووخە بە ئایەتی (لا يكلف اللــه نفسا الا وسعها) داوایەکی زەعیف‌و لاوازە لەبەر چەن دەلیل :

یەکەم : پەنابردن بە نەسخ کاتێ پێویستە کە مەعنای ئایەتی (وان تبدوا •••) ببڕێ بەسەر موحاسەبەی ئینسان لەســەر هەرشتێ رابوورێ بە دڵدا خواه بە ئیختیاری ئینسان بێ یا نە ، وە خواه لاواز بێ یا هێزی ببێ ئەمەیش بەتاڵە ؛ چونکی بــە ئیتتیفاق هەر شتێ کە لە ئیختیاری ئینسانا نەبێ مەسئوول نیــە لەسەری • کەوابێ ئەبێ مەعنای ئەو ئایەتە ببڕێ بەسەر ئــەو شتانەدا کە گەیشتوون بە پایەی عەزم • وەکو بەیانم کــرد بۆتان •

دووەم : کاتێ ئێمە پێویستمان بە نەسخ هەیە کە بڵێین ئەو

شتانه وان له دڵدا ئەبن بە هۆی عیقابو جەزادانەوە ، (مع أنه) خودا فەرموویەتی : موحاسەبەیان لەسەرە جا خودا کێ مەیلی بوو عەفوی ئەکاو کێ مەیلی بوو عیقابی ئەکا ، وە نەیفەرمووە کە موعاقەبە ئەکرێن لەسەر ئەوەی وا لە دڵدا ٠

سێهەم : نەسخ روو ناکاتە جوملەی ئیخبارییە ، وە ئایەتی پێشوو ئیخبارە لە لەفزاو لە مەعنادا ، وە نەسخ هەر روو لە جوملەی ئینشائییە ئەکا کە ئەمر بێ یا نەهی بێ وەکو موقەڕڕەڕە لە ئوصووڵی فیقهدا ٠

جا لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا لە ئەوەڵی سوورەتی بەقەرەوە مەدحی ئەهلی‌تەقوای کرد ئەو ئەهلی تەقوا کە باوەڕیان هەیە بە غەیبو نوێژەکان ئەکەنو لە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا ٠٠ هات لە ئاخری ئەو سوورەتەدا ئەوەی دەربڕی کە ئەو کەسانە لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە مەدحم کردن عیبارەتن لە حەبیبی خۆشەویستم کە پێغەمەرە (د) و لە ئوممەتەکەی ئەو کە بەڕاستی کەوتوونەتە شوێنی وە فەرمووی :

﴿ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ ﴾ :

واتە ئیمانو باوەڕی هەیە پێغەمەری خۆشەویست بەو کتێبە کە هێزاوەتە خوارەوە بۆ لای لە لایەنی خوداوە بە ئیمانێ کە وا لە پۆپەی پلەکانی ئیمانەوە بە نەوعێ کە بە تەنیا دائەنرێ لە موقابیلی ئیمانی هەموو ئوممەتەکەیەوە ؛ چی لە بابەتی ئیمانو باوەڕ بە خودای پەروەردگار بە پێغەمەرەکانو بەو

کتێبانە هاتوونەتە خوار بۆ لایان ، وە چی لە بابەتی ئیمان بە ئوصووڵەکانی ئیمان ٠

﴿ والمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللهِ ومَلَئِكَتِهِ وكُتُبِهِ ورُسُلِهِ ﴾ :

وە موسوڵمانەکان ، واتە ئەوانە کە ئیمانیان بە پێغەمەری خۆشەویست هەیەو کەوتوونەتە شوێنی هەموو یەکێ لەوان ئیمانی هێناوە بە خوداو بە فریشتەکانیو بەو کتێبانە کە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمەرەکانیو ئیمانی هێناوە بە هەموو ئەو پێغەمەرانی خودایە کە خوا ناردوونی بۆ تەمێو تەربیەی هۆشیاران ٠

﴿ لا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ ﴾ :

وە ئەوانە ئەڵێن : ئێمە فەرقو جیاوازی ناکەین لە بەینی هیچ یەکێ لە پێغەمەرەکانیخواداو باوەڕمان هەیە بەوە کە هەموو پێغەمەری خودان ٠

﴿ وقالُوا : سمِعْنا وأطَعْنا غُفْرانَكَ رَبَّنا ﴾ :

وە هەموو وتوویانە ئەی خودای پەروەردگار ! فەرمانەکانی تۆمان بیست بە هۆی پێغەمەری خۆشەویستەوەو گەردنکەچ بووین بۆ ئەو فەرمانانەو داوای ئەوە ئەکەین لە تۆ کە چاوپۆشی بکەی لە تاوانەکانمان بە چاوپۆشییەك کە شایاوی میهرەبانی تۆ بێ ئەی پەروەردگاری ئێمە ٠

﴿ وإلَيْكَ المَصيرُ ﴾ (٢٨٥)

چۆن داوای چاوپۆشی لە تۆ ناکەین وەلحاڵ مەصیرو

ئەنجامی هەمووومان بۆ لای تۆیەو تۆ ئەمانمرێنیو لە پاش مردنمان زیندوومان ئەکەیتەوەو پرسیاری بیروباوەڕو کردەوەو وتارمان لێ ئەکەی ، ئەوجا بە خواستی خۆت رەفتارمان لەگەڵدا ئەکەی بە جۆرێ کە لایەقی میهرەبانی خۆت بێ ·

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە زانستی ئەم چوار مەرتەبەیە لە واجیباتی ئیمانە · واتە : ئیمان بەخودا ، ئیمان بە فریشتەکانی خودا ، ئیمان بەو کتێبانە کە خوا ناردوونی بۆ پێغەمەران ، ئیمان بە پێغەمەرەکان · وە سیرڕی ئەم تەرتیبە ئەمەیە هەتا ئینسان نەزانێ کە ئەم عالەمە پەروەردگارێکی وای هەیە تەواناى هەیە لەسەر هەموو مومکینێ لە مومکیناتو زانایە بە هەموو مەعلووماتو بێ ئیحتیاجە بە هەموو نەوعێ لە ئیحتیاجات ··· ناتوانێ باوەڕ بکا بە فریشتەو بەو کتێبانە کە فریشتە ئەیهێنن بۆ پێغەمەر وە باوەڕ بکا بە پێغەمەران · کە وابێ ئیمان بە خودای تەعالا وا لە پێش ئیمان بە باقی ئەرکانەکانی ئیمانەوە · وە هەتا ئیمانی نەبێ بە فریشتەی خودا ناتوانێ ئیمان بێنێ بە هێنانی کەلامی خودا بۆ پێغەمەران ، وە تا ئیمانی نەبێ بە کەلامی خودا ناتوانێ ئیمانی ببێ بەوە کە پێغەمەران رەهبەرن لە لایەنی خوداوە بۆ تەمێ‌کردنی ئەوانە کە موکەللەفن وەکو جینو ئینس بێ ·

باسی دووەم ئەمەیە : ئیمانو باوەڕ بە خودا عیبارەتە لەوە کە ئیمان بێنین بە وجوودی خوداو بە سیفاتی خوداو بە ئەفعالو

کردەوەی خوداو بە ئەحکامی خوداو بە ناوەکانی خودا •

جا ئیمان بە خودا ئەمەیە ئیمانت ببێ بەوە کە لە ماوەرای ئەم عەرزو ئاوو دارو بەردو هەواو ئاگرو ئاسمانانو ئەستێرەو مانگو رۆژە ••• زاتێ هەیە لەمانە نیەو لەمانە ناچێو بە تەنیا ئەو زاتە خۆی هەموو ئەم عالەمەی لە نەبوونەوە دروست کردووە •

وە ئیمان بە سیفاتی خودا ئەمەیە : ئیمانت ببێ بەوە کە خودا زاتێکە دوورەو پاکە لە هەموو نوقسانی : نوقسانی نەبوونو ، نوقسانی ئیحتیاج بە غەیرو ، نوقسانی موشابەهە بە غەیرو •• بەم شێوە باوەڕت ئەبێ بەوە کە خودا قەدیمەو باقیەو تەنیایەو لە هیچ شتێ ناچێو موحتاج نیە بە هیچ •

هەروا ئیمانت ببێ بەوە کە خودا خاوەن حەیاتو زانستو خواستو تەواناییو بیناییو وتارە لەگەڵ ڕەهبەرانا •

وە ئیمان بە ئەفعالەکانی ئەمەیە : ئیمانت ببێ بەوە هەرچی غەیری خودایە هەمووی لە نەبوون پەیدابووەو خودا هەمووی دروستکردوونو دروستیان ئەکا بە خواستی خۆی •

وە ئیمان بە ئەحکامی خودا ئەمەیە : هەرچی خودا کردوویەتی لەگەڵ ئەوەدا کە حیکمەتیان تێدایە بەڵام بە غەیری خواستی خودا هیچ عیللەتو هۆیەکیان نیە • وە ئیمانت ببێ بەوە کە مەقسوود لە دامەزراندنی ئەحکام سوودی عیبادە ، ئەگەرنا خودا موحتاج نیە بە هیچ شتێ • وە ئیمانت ببێ بەوە کە خودا خاترخۆیە لە هەموو شتێکاو هیچ شتێ واجب نیە لە

سەری بۆ کەس ٠

وه ئیمان به ئەسما ناوەکانی خودا ئەوەیە : باوەڕت وابێ که (الله) ناوی زاتی خودایەو باقی ناوەکانی خودا هەموو بۆ دەلالەتکردنه لەسەر سیفەت وەکو کردەوەکانی خودا ، وه ئـەو ناوانه ئەوانەن که له قورئانا وارید بوون ، وه یا هاتوون بەسەر زمانی پێغەمەرانا ، وەکو : (فەرد) و (واجید) و (رەشید) و بازێ ناوی وا که له قورئانا نین ٠

وه ئیمان به مەلائیکه ئەمەیە : باوەڕت ببێ ئەو مەلائیکەتانه جیسمی ناسکن‌و به ئەمری خودا پەیدا ئەبن نەك به تەناسول ، وه نێرو مێیان نیەو پاکن له تاوان (لا یعصون الله ما امرهـم ویفعلون ما یؤمرون) ، وه ئەم مەلائیکەتانه مەئمووری خودان له کائیناتا ، وه هەرکام لەوانه ئیشێکیان پێسپێرراوه ، نـــەك لەبەر ئەوه که خودا موحتاجه بەوانه (معاذ الله) بەڵکو لەسەر خواستی خۆی‌و لەسەر تەماشای یاسای خۆی له جیهانا ٠ وه لــه جوملەی ئەو ئیشانەیە که مەلائیکه کردوویانه هێنانی کتێـــب له لایەنی خوداوه بۆ لای پێغەمەران (د) ٠

وه ئیمان به کتێب ئەمەیە : ئیمانت ببێ کەلامی خودان‌و له بابەتی جادووگەری‌و کەهانەت نین‌و له بابەتی ئیلقـــــای شەیاطین‌و ئەرواحی خەبیثه نین‌و ئەم کتێبانه که مەلائیکـــــه هێناونی بۆ پێغەمەران به قەطعی شەیاطین بۆیان مومکین نەبووه که شتێ تێکەڵی ئەم کتێبانه بکەن ٠ وه ئەم قورئانه به قەطعـی نه ئایەتێ نه جوملەیێ نه کەلیمەیەکی لێ زیادو کەم نەکـراوەو نەگۆڕاوه (انا نحن نزلنا الذکر وانا له لحافظون) ٠ وه ئـــەم

قورئانه ئاخر کتێبی ئاسمانییەو ئایاتی موحکـــەم رووناكو ، موتەشابەهـ مەعنایزۆری تیایه ، وه ئەو موتەشابەهانه به هـۆی موحکەمەکانەوه مەبەسیان لێ دەرئەکەوێ ٠

وه ئیمان به (رسل) به پێغەمەران ئەمەیه : باوەڕت وابێ هەموویان مەعصوومن له گوناهـو تاوانباری ، وه باوەڕت وابێ (نبی) له غەیری ئەنبیا گەورەترەو ، رەسوول لـــه نەبـــی گەورەترەو ، له ناو روسولدا (اولو العزم) له غەیری (اولو العزم) گەورەترن ، وه له ئەسڵی نوبووەتو ریسالەتا فەرقیان نیەو پێغەمەری ئێمه که (محمد المصطفی) یه خاتەمی هەموو رەهبەرانەو دینی ئەو ناسیخی هەموو ئەدیانه ٠ وه ئەگـــــەر کەسێ بڵێ : له ئەرکانی ئوسووڵدا باسی قەزاو قەدەرو باسـی رۆژی قیامەت نەکراوه ! جوابەکەی ئەوەیه : ئیمان به قـــەزاو قەدەر داخڵه له ئیمان به ئەفعالی خودادا ، مادام تۆ باوەڕت بوو بەوه هەرچی له جیهانا پەیدا ببێ کاری خودایه ئەوه مەعنـــای ئیمان به قەزاو قەدەره ٠ وه ئیمان به رۆژی ئاخیرەت داخڵه لــه ئیمان به ئەحکامی خودادا مادام تۆ ئیمانت بوو بەوه که خودای تەعالا ئەحکامی تەشریع کردووه بۆ ئـــەوەعیبادی خۆی رەفتـــاری پێبکەن مەعنای وایه رۆژێ هەیه بۆ جەزای کردەوەی عیباد که رۆژی قیامەته ٠

جا خودای تەعالا ئەڵێت : هەرچەند که ئەوەی وا له دڵتانـا خودا پێی ئەزانێ بەڵام :

﴿ لا يُكَلِّفُ اللهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَها ﴾ :

خودا (بالفعل) تەکلیف ناکا لە هیچ نەفسێ ئیللا لـــەو کردەوانە کە وان لە تاقەتیاو ئەتوانێ بەجێیان بێنێ یا تەرکیان بکا ٠

﴿ لَها ما كَسَبَتْ وعَلَيْها ما اكْتَسَبَتْ ﴾ :

هەیە بۆ هەر نەفسێ سوودی ئەو کردەوە باشە کردوویەتی ، وە لەسەری ثابت ئەبێ عەزابو تۆڵەی هەر کردەوەیەکـــــی ناهەموار کە بە قەسدی خۆی بیکا ٠

وە فەرموودەی خودای تەعالا : (ربنا لا تؤاخذنا ان نسينا) ٠٠٠ الاية ٠ لەسەر بیری بازێ لە موفەسسیرین موقەددەرە بـــە حەزفی ئەمر بە قەول بۆ تەعلیمی دۆعاوپاڕانەوە لە خـــودا ٠ واتە : (قولوا : ربنا لا تؤاخذنا ان نسينا) وە لەسەر فەرموودەی بازێ موفەسسیرینی تر : شرووعە لە گێڕانەوەی باقی دۆعاکانی موسوڵمانان لە پاش ئەوە کە خودا بە جوملەی موعتەرەضـــەی (لا يكلف الله نفسا ٠٠٠ الخ) سیڕڕی تەکلیفی بەیان کرد ٠ وە تەقدیری هەموو قسەکەیان ئەمەیە : (وقالوا سمعنا واطعنا غفرانك ربنا واليك المصير ٠٠) ٠

﴿ رَبَّنا لا تُؤاخِذْنا إِنْ نَسينا أَوْ أَخْطَأْنا ﴾ :

ئەی خودایە عەزابمان مەدەو عیقابمان مەکـــە ئەگـــــەر غەفڵەتو بێموبالاتیو ئیهمالمان بوو بە هۆی ئەوە کە بـــازێ لە واجباتی خۆمانمان لە بیر چووەوە یا بە هەڵەکاری ئەدامـــان کردن ٠ یا بازێ کاری نابارمان بە هەڵە کردبێ :.

﴿ رَبَّنا وَلا تَحْمِلْ عَلَيْنا إِصْراً كَما حَمَلْتَهُ عَلى

الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنا ﴾ :

ئەی پەروەردگاری ئێمە باری قورس مەهاوێرە سەرشانمان، وەکو خۆکوشتن بۆ قەبووڵی تەوبەو ، ئیختیصاصی نوێژکردن بە مزگەوتەوەو ، بڕینی هەر پارچە بەرگێ کە پیس بووبێ ·

﴿ رَبَّنا وَلا تُحَمِّلْنا ما لا طاقَةَ لَنا بِهِ ﴾ :

ئەی پەروەردگاری ئێمە مەدە بەسەرمانا دەردو بـــەڵاو ئاشووبێکی وەها کە تەوانامان نەبێ لەسەر هەڵگرتنیان ·

﴿ وَاعْفُ عَنَّا ﴾ :

ئاساری گوناهەکانمان مەحو بکەرەوەو عەزابمان مەدە ·

﴿ وَاغْفِرْ لَنا ﴾ :

عەیبەکانمان بپۆشەو کردەوەی باشمان دەربخە ·

﴿ وَارْحَمْنا ﴾ :

میهرەبانیمان لەگەڵ بکە بە زیادە نیعمەتو زیـادەتـەوفیق لەسەر طاعەت ·

﴿ أَنْتَ مَوْلانا ﴾ :

هەر تۆی سەرداری ئێمەو غەیری تۆ پەنامان نیە ·

﴿ فَانْصُرْنا عَلَى الْقَوْمِ الْكافِرِينَ ﴾ (٢٨٦)

وە بێجگە لەمانەیش یارمەتیمان بدە بۆ جیهاد لە ڕێگـــەی بەرزکردنەوەی دیناو زاڵمان بکە بەسەر کۆمەڵەی کافرەکانـا ،

به تایبەتی ئەوانە کە دوژمنایەتی ئەکەن لەگەڵماناو جەنگمان لەگەڵا ئەکەن بۆ ئەوە کە مەیدانی بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام گوشادتر ببێتەوەو دڵمان بە نووری تەوفیق و یارمەتیت بگەشێتەوە ·

لە حەمدی خواوە رزگار بووم لە نووسینی تەفسیری سوورەتی (بەقەرە) پاش نوێژی عیشا لە شەوی جومعە یەکی (ذو القعدة) لە ساڵی هەزارو سێصەدو نەوەدو حەوتی کۆچی رێکەوتی سیازدەی تشرینی ئەووەڵ لە ساڵی هەزارو نۆصەدو حەفتاو حەوتی زایینی · لە حوجرەی مەدرەسەدا لە جامیعی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ـ قدس سره ـ لە شاری بەغدا · وانا الخادم للدين عبدالكريم محمد الكردي الشهرزوري ـ غفر الله له ولوالديه ولسائر المسلمين ـ واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين ·

سورة آل عمران ، مدنية ، وآيها مأتا آية

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ الـمْ ﴾ : (١)
خوای تەعالا زاناترە بە مەعنای ٠

﴿ اللهُ لا إِلٰهَ إِلا هُوَ الْحَيُّ القَيُّومُ ﴾ : (٢)

واتە : ئەو زاتە کە ناوی پاکی بەڕێزی (الله) یە هیچ کەسێ نیە کە (واجب الوجود) بێو بوونی پێویست بێو کەس نیە کە پەروەردگاری کەمو زۆری جیهان بێ ، وە کەس نیە کە عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو نەبێ ، وە ئەو زاتە زیندوە بە بێ پەیوەندی کەسو دامەزراوو راوەستاوو راگری عالەمە چ بەرزیو چ پەستی ٠

لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەو بازێ ئایەتی پاشەوەیدا ریوایەت کراوە لە ئەبو ئەمامەوە (خ) ئەڵێت : کۆمەڵێ لە گاورەکانی (نەجران) هاتن بۆ لای پێغەمەر (د)و لە بارەی حەزرەتی عیساوە موجادەلەیان لەگەڵ حەزرەتا کرد(١) ، جا

---

(١) ئەم کۆمەڵە ژمارەیان شەستکەس بووە ، ئەمانە هەموو سوارو خاوەن بەرگو پۆشاك بوونو چواردە کەسیان لە ئەشراف بوونو لە ناو ئەم چواردەدا سێ کەسیان سەرۆكو خاوەن فەرمان بوون ٠ (عبدالمسیح) ناو لە روتبەدا (عاقب)

خودای تەعالا لە ئەووەڵی سوورەتی ئالیعیمرانەوە هەتا هەشتاو ئەوەندە ئایەتی نازڵ کرد ٠

﴿ نَزَّلَ عَلَيْكَ الكِتابَ بِالحَقِّ مُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيْهِ ﴾ :

واتە : خودای تەعالا ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ بە پلە پلە ئەو کتێبەی وا لە ناوا وەکوو قورئانی پیرۆز بێ ، بە شێوەیێ کە حەقەو راستە ٠ وە باوەڕ ئەکاو باوەڕ نیشان ئەدا بەو کتێبانە کە نازڵ بوون لە پێشی خۆیا ٠

﴿ وأَنْزَلَ التَّوْراةَ والإِنْجِيلَ (٣) مِنْ قَبْلُ هُدىً لِلنّاسِ ﴾ :

وە تەوراتی بە جارێ نازڵ کردووە بۆ حەزرەتی (موسا) وە ئینجیلی نازڵ کردووە بۆ حەزرەتی عیسا لە پێش قورئانا کە حاڵیان وابووە هۆی شارەزایی بوون بۆ قەومەکەیان ٠

بووە کە ئەمیری هەمووانە٠(ئەیهەم) ناو خاوەن نانو پەنای رۆژی رەش بووە ٠ (ابو حارثة) کوڕی (علقمة) کە یەکێ بووە لە قەبیلەی (بكر بن وائل) ئەسقەفو عالمی دینیان بووە ٠

ئەمانە هاتوون بۆ مەدینەی مونەووەرەو چەن رۆژێ لەگەڵ حەزرەتا موجادەلەیان کردووە لە خوصووصی حەزرەتی عیساوە، وە ئیددیعای ئەوەیان کردووە عیسا کوڕی خوایە (العياذ بالله!)، تا لە ئەنجاما حەزرەت بانگی کردن بۆ (مباهله) یانی بۆ ئەوە کە دۆعای شەڕ بکەن لەو تاقمەیان کە لەسەر ناحەقە ٠ بەڵام گاورەکان ترسانو گەڕانەوە بۆ نەجران ٠

﴿ وَأَنْزَلَ الفُرْقانَ ﴾ :
وه ناردوویەتە خوارەوە ئەو کتێبانەکە بوون بە هۆی جیاکردنەوەی حەق لە بەتاڵ لە هەر چەرخێکدا وەکوو کتێبەکانی رەهبەرانی پێشوو • وە یاخود ناردوویەتە خوارەوە قورئانێ کە هۆی جیاکردنەوەی راستە لە لار •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللهِ لَهُمْ عَذابٌ شَدِيدٌ ﴾ :
بە راستی ئەوانە کە ئینکاری ئایاتی خودایان کردووە عەزابو ئاگرێکی گرانیان بۆ بڕیار دراوە •

﴿ واللهُ عَزِيزٌ ذو انْتِقامٍ ﴾ : (٤)
وە خوای تەعالا غاڵبەو زاڵە بەسەر بەجێهێنانی خواستی خۆیاو خاوەن تۆڵەسەندنە •

﴿ إِنَّ اللهَ لا يَخْفى عَلَيْهِ شَيْءٌ في الأَرْضِ ولا في السَّماءِ ﴾ : (٥)
بەڕاستی خوای تە عالا شتێکی لێونابێ نە لە عەرزاو نە لە عاسمانا •

﴿ هُوَ الَّذي يُصَوِّرُكُمْ في الأَرْحامِ كَيْفَ يَشاءُ ﴾:
ئەو خودا خوایەکی وایە تەصویرتان ئەکاو پەیکەردارتان ئەکا لە ناو منداڵدانا لە سکی دایکا هەرچۆنێ خواستی هەبێ ، جوان بێ یا ناشیرین •

﴿ لا إِلٰه إِلا هُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ ﴾ : (٦)
خوایێ نیە ئەو نەبێ • کە ئەو غاڵبەو زاڵە بەسەر هەموو

خواستێکی خۆیاو خاوەنی حیکمەتەو زانستی راســـتو کرداری دامەزراو بۆ ئەوە ·

﴿ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الكِتابَ ﴾ :

خودا ئەو خودایەتە کە ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ بــە فریشتەی تەواناى هێمنا ئەو قورئانە کە رەهبەری هۆشیارانە ·

﴿ مِنْهُ آياتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أمُّ الكِتابِ ﴾ :

وە بازێ لەو کتێبە ئایاتێکن کە مەعنایان دیارە لەبەر ئەوە کە دەلالەتی لەفزەکان دیارەو کەلیمەکان مەشهوورو ناسراون ، وە ئەم بازە ئایاتە دایکانەن لە ناو کتێبەکەدا ، باقی ئایەتەکان لە تەنگانەی فامی مەعنایانا ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو دایکەیانو لە سەر خەتی ئەو مەعنایان دەرئەکەوێ ·

﴿ وأخَرُ مُتَشابِهاتٌ ﴾ :

وە بازێ ئایەتی ئەو کتێبە چەن مەعنایێ هەڵئەگرنو بـــە ئاسانی ئینسان نازانێ کام مەعنایان شیاوی ئیعتیبارەو پێویستی هەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە لایەنی ئینسانی زاناوە ·

وە دەرنەکەوتنی مەقسوود لەو ئایەتانە یا لە بەر ئەوەیــە ئەو (موشتەرەك)ە لە بەینی چەن مەعنادا یا لەبەر ئەوەیـــــە (عام) ەو مەقسوود لە شوێنەکەدا (خاص)ە ، یا بە عەکســـی ئەمەیە یا لەبەر ئیجمالە ، یا لەبەر ئەوەیە زاهـــیرەن تەشبیهو هاووێنەیی ئەگەیێنێو مەقامەکە لەگەڵ تەشبیها رێك ناکەوێ ؛ وەکوو لەو ئایاتانەدا کە (وجه)و (عين)و (جنب) بەکاردێنێ بۆ خودا ، وەیا لەبەر ئـــەوە مەعنـــــای دیاری ئەو لەفزانــــــە

مەعنایەکی خاوەن سوود نادا بە ئینسان ، وەکوو ئەو حەرفە لە یەك بچڕاوانە کە لە سەرەتای هەندێ سوورەتەوە ٠٠ یا لەبەر چەن هۆی تر ٠٠٠

وە حیکمەتی بەکارهێنانی ئەم لەفزانە ئەمەیە ئەم کتێبە کتێبێکی عالەمییەو ئەوانە کە قسەیان لەگەڵدا ئەکرێ زۆر فەرقیان هەیە لە فامو لە پایەی زانستا ، کە وابێ ئەگەر بە عیبارەتی زۆر پایە نزم بێ موناسبی زەوقی پایەبەرزەکان نابێ، وە ئەگەر لەسەر زەوقی ئەوان بێ پایەنزمەکان سوودی لێ وەرناگرن ٠

وە لە لایەکی تریشەوە قابیلە بە کەلیمەی (عام) یا (مشترك) مەعنای زۆر ئیفادە بکرێ ، بەڵام بە کەلیماتی تایبەتی (خاص) ئەوەندە سوود وەرناگیرێ ٠

وە لە لایێ ترەوە لەبەر ئەوە هەتا خوێندەوارانی ئایین تێکۆشن بۆ فامی مەعنای بەرز وە بگەن بە ئەجرو ثەواب ٠

لە لایێ تریشەوە وەکوو خودا موختارە لە دروستکردنی عالەمدا وە لە ئیجادی مەعادینو گیاو گیانلەبەرانو ئینسان لەسەر ئەنواعو ئەصنافو ئەفرادی جیا ٠٠ هەروا موختارە لە ئینزالی کتێبی وا کە لە هەموو شێوە ئەلفازی تێدا بێ : لە گرانفامو ئاسانو ، خاصو ، عام ٠

﴿ فَأَمَّا الَّذينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ ما تَشابَهَ مِنْهُ ابْتِغاءَ الفِتْنَةِ وابْتِغاءَ تَأْويلِهِ ﴾ :

جا ئەو کەسانە کە لە دڵیانا لادان هەیە لە راستکاری ئەوە ئەکەونە شوێنی ئەو ئایەتە موتەشابیهانە بە تەنهاو تەماشای

موحکەماتەکانیان لەگەڵا ناکەن هەتا بە هۆی ئەوانەوە چـــاری مەعنای ناباری ئەمان بکەن ، بەڵکوو هەر تەماشای خۆیان ئەکەن لەبەر ئارەزووی ئەوە کە فیتنـــەی شـــەك بخەنـــە نـــاو دڵـــی موسوڵمانانەوە لە ئیسلاما ، وە لەبەر داوای ئەوە وە خواســـتی ئەوە کە تەئویلیان بکەن لەسەر هەوای نەفسی خۆیان ٠

﴿ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللهُ وَالرَّاسِخُونَ فِـــي العِلْمِ ﴾ :

وەلحاڵ تەئویلی ئەو موتەشابیهانە بە تەئویلێ کە موافیقـــی حەق بێ کەس نایزانێ ئیللا زاتی خودا (بالذات) ، وە ئـــەو کەسانەیش کە دامەزراون لە زانستا بەهۆی مومارەسەی تەقوای خوداوەو فەرمانبەرداری عیلمو حەقیقەت ٠ وە شـــانی ئـــەو دامەزراوانە وایە ٠

﴿ يَقُولُونَ : آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا ﴾ :

ئەڵێن : ئیمانو باوەڕمان هەیە بەم موتەشابیهانە لەســـەر ئەو تەرزە خودا قەسدی کردوون ٠ وە هەردوو بەشەکە لە لای خوداوە هاتوونەتە خوارو مەعنایان راستو دروستە ٠

﴿ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُولُو الأَلْبَابِ ﴾ : (٧)

جا خودای تەعالا بۆ مەدحی ئەم کۆمەڵـــە زانایانە کـــە دامەزراونو ئیمانـــی خۆیان دەرئەبڕن بەرابەر بـــە ئایاتـــی موتەشابیهەو ، موحکەمە ٠٠ ئەفەرموێت : ئەمانە خاوەن عەقڵی ساغن بۆیە وەها تەصەووری حەقیقەت ئەکەن ؛ چونکی بـــیر

ناکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش لە حەقایقدا ئیللا کەسێ کە خاوەنی شوعووری ساغ بێ ٠

جا بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە بازێ ئایەتی قورئانا هەیە کە ئایاتی قورئـــان هەموو لە موحکەماتنو لە بازێ ئایەتا هەیە کـــە هەموو لـــە موتەشابیهاتنو لەم ئایەتە پێشووەیشا تەقسیمی ئایاتی قورئانی کرد بۆ دوو بەش : موحەکەماتو ، موتەشابیهات ، وە بەیانـــی ئەمە وەهایە ئەو ئایەتە کە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە هەموو ئایاتی قورئان موحکەماتە مەبەس ئەوەیە : کە هەموو ئایاتـــی قورئان راستنو ئەلفاظیان فەسیحەو مەعناکەیان ســـەحیحە ٠ وەکوو لە ئایاتا هەیە : (لا یأتیه الباطل من بین یدیه ولا مـــن خلفه) ٠ وە ئەو ئایەتە کە ئەفەرموێت هەموو ئایاتی قورئان لە موتەشابیهاتە ئەوە مەعنای ئەوەیە : ئایاتی هەموو ئەشوبهێن بە یەکتر لەوەدا کە باسی تەوجیهی هۆشیارانە بۆ دینی ئیســـلامو بازێکیان ئەبن بە تەفسیر بۆ بازێکیانو هەڵەو پەڵەیان تێدا نیە چونکی کەلامی خودایەو خودا (اصدق القائلین)ە ٠ (ولو کان من عند غیر الله لوجدوا فیه اختلافا کثیرا) ٠ وە لەسەر ئـــەم بەیانە هەردوو قسەکان راستن ٠ هەروا قسەی سێهەم کـــە ئەفەرموێت : بازێکیان موحکەمو بازێکیان موتەشابیهن ، بەڵام بە مەعنایەکی غەیری ئەو مەعنایە کە ئیسە وتمان ٠

باسی دووەم : لە مەعنای موحکەمو موتەشابیهدا گەلـــێ

قسەیان کردووە ، لـــە ناو هەموویانا دوو بیریـــان پەسەندە :
یەکەم : ئەو مەعنایە کە موحکەم ئەوەیە مەعنای واضیح بێ ، وە موتەشابیهـ ئەوەیە مەعنای واضیح نەبـــێو گەلـــێ ئیحتیمال هەڵبگرێ وەکوو لە مەعنای ئایەتەکەدا باسمان کرد ٠

دووەم : وەکو ساداتی ئەحناف فەرمووویانەموحکەم ئەوەیە مەعناکەی واضیحو ظاهیر بێو ئیحتیمالی نەسخی نەبـــێ ، وە موتەشابیهـ ئەوەیە کە مەعناکەی ئەوەندە داپۆشراو بێ کـــە دەرك نەکرێ نە بە دەلیلی عەقڵیو نە بە دەلیلی نەقڵی ٠ خۆلاسە ئەو ئایەتانە کە تەنیا خودا خۆی مەعنایان ئەزانـــێ ؛ وەکـــوو قیامی ساعەتو مەعنای تاقە حەرفەکان لـــە ســـەرەتای بازێ لە سوورەتەکانی قورئانەوە ٠

باسی سێهەم : ئەمەیە ئەو کەسە کە ئەڵێت موحکەم ئەوەیە کە مەعناکەی واضیح بێو موتەشابیهـ ئەوەیە کە مەعناکـــەی واضیح نەبێو چەن ئیحتیمال هەڵبگرێ لە کاتـــی خوێندنەوەی (وما یعلم تأویله ٠٠٠)دا لەسەر (العلم) ئەوەستێ ؛ چونکـــی لەسەر ئەو مەعنایە وەکوو خودای تەعالا مەعنای موتەشابیهـــات ئەزانێ خاوەن زانستە دامەزراوەکانیش مەعنایان ئەزانن ٠ وە ئەو کەسە کە ئەڵێ : موحکەم ئەوەیە مەعناکەی زاهیر بـــێو موتەشابیهـ ئەوەیە کەس مەعنای نەزانێ ئیللا زاتی خـــودا ٠٠ ئەوە لەسەر کەلیمەی (الله) رائەوەستێ ؛ چونکی مەعنـــای موتەشابیهات خودا نەبێ کەس نایزانێ ٠

بەڵام لە ناو ئـــەو دوو مەعنایـــەدا کە بۆ موحکـــەمو موتەشابەهیان کردووە مەعنای یەکەم زۆر بە هێزەو لەسەر ئەم

داوا چەن دەلیل هەیە :

یەکەم : بینا لەسەر ئەوە کە موتەشابیهـ کەس مەعنـــــای نەزانێ ئیللا خودا نەبێ واجب بـوو یـا موناسب وا بوو لــــە موقابیلی (فأما الذين في قلوبهم زيغ)ەوە بیفەرمووایە : (وأما الراسخون في العلم فيقولون آمنا به) •

دووەم : بینا لەسەر ئەو ئیعتیبارە فایدە لــــە ئیعتیباری (رسوخ)دا نابێ ، بەڵکوو ئەم حوکمە حوکمی هەموو زانایێکە دیارە هەموو موسوڵمانێکی زانا ــ راسیخ بن یا غەیرە راسیخ ــ ئەڵێن (آمنا به كل من عند ربنا) •

سێهەم : لەسەرئەو مەعنایە حەصری کیتاب لە موحکـــەمو موتەشابیهدا تەواو نابێ ؛ چونکی وەکوو ئایاتی موحکەمە هەنو ئایاتی موتەشابیهەی وا کە غەیری خودا کەس مەعنایان نەزانێ ئایاتی تریش هەن کە نە موحکەم بنو نە موتەشابیهـ بن بــــەو مەعنایە کە ئێمە ویستمان •

چوارەم : لەسەر ئەو مەعنایە موحکەمات نابـن بـــە (أم الكتاب)و نابن بە مەرجەع بۆ ئایاتی موتەشابیهە ؛ چونکـــی ئایاتی موتەشابیهە غەیری خودای تەعالا هیچ کەس مەعنایـــان نازانێو بە موحکەمات بەیان ناکرێن •

پێنجەم : لە حەدیثی صەحیحدا ثابت بووە کە حەزرەت ــدــ دۆعای فەرمووە بۆ ئیبنو عەبباس (خ) وە فەرموویەتی : (اللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل) چونکی ئەگەر تەئویلات هـــەر عائید بوونایێ بە خودا سوودێ لەو دۆعادا نەدەبوو •

شەشەم : ثابت بووە کە نەفسی ئیبن‌و عەبباس خـــــۆی فەرموویەتی : (أنا ممن یعلم تأویله) ٠

حەوتەم : خودای تەعالا مەدحی عولەمای راسیخی کـــردوە بەوە ئەهلی تەفەککورو تەزەککورن وەکوو لە سیاقی ئایەتەکەدا دەرئەکەوێ ٠ وە ئەگەر عیلمیان نەبێ بە تەئویل ئیتر ئەبـــێ مەعنای رسووخیان لە عیلم‌و زانستا چی‌بێ ؟

هەشتەم : لەسەر ئەو ئیعتیبارە لازم ئەکا گەلێ ئایەتـــی قورئان کەس مەعنایان نەزانێ‌و ئەمە زۆر دوورە لە یاســـای میهرەبانی خوداوە کتێبێ رەوانە بکا بۆ سەر خۆشەویســـتی خۆی‌و ئەو خۆشەویستە لە مەعنای ئەو کتێبە حاڵی نەبێ !



﴿ رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا ﴾ :

ئەی پەروەردگاری ئێمە دڵمان لامەدە لە پەیڕەوی ئـەوەی کە راستەو حەقە وەکوو دینی ئیسلام بێ بۆ لای ئەوەی کە لارەو بەتاڵە وەکوو کوفرو ئیلحادو بیدعەت‌و ئیفسادو گومڕاکردنـی عیبادە پاش ئەوە کە تۆ شارەزات کردووین بۆ ڕێگای راست ٠

﴿ وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً ﴾ :

وە پێمان ببەخشە لەلای خۆتەوە تەوفیق‌و یارمەتی لەسەر حـــەق ٠

﴿ إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ ﴾ : (٨)

بە راستی تۆ کە خودایەکی بەخشندەی ٠

زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە واتەی زانا راسیخـــــە

دامەزراوەکانەو لە خودا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوە پایەداریان بکـــا لەسەر حەق • وە یاخود موباشەرەتەن لە لایەنی خوداوە هاتووە لە مەقامی فەرمان بە حەزرەت (د) کە ئەم دۆعایە بکاو بـــەم شێوە لە خودا بپاڕێتەوە :

﴿ رَبَّنا اِنَّكَ جامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لا رَيْبَ فِيهِ ﴾:

ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ هەموو ئادەمیزاد گردئەکەیتەوە لە رۆژێکا کە گومان لە هاتنی ئەو رۆژەدا نیە •

﴿ اِنَّ اللهَ لا يُخْلِفُ المِيعادَ ﴾ : (٩)

بە راستی خودای تەعالا لە وەعدەی خۆی لانادا •

﴿ اِنَّ الَّذينَ كَفَرُوا لَنْ تُغْنِي عَنْهُمْ أَمْوالُهُمْ ولا أولادُهُمْ مِنَ اللهِ شَيْئاً ﴾ :

بە راستی هەموو ئەو کەسانە کە کافرو بێ باوەڕن بە خودا ـ وە یا هەر مەبەس وەفدی گاورەکانی نەجرانە ـ لە پاشەڕۆژا، کە رۆژی قیامەتە ، ماڵو دارایی ئەوانو ئەولادو نەتەوەی ئەوان دەفعی عەزابیان لێ ناکا لە لایەنی خوداوە هیچ نەوعە عەزابێ •

﴿ وَ أُولئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ ﴾ : (١٠)

وە ئەو کافرانە هەموو سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن •

﴿ كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْن والَّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ﴾ :

وەکوو عادەتو ئەحواڵی ئالی فیرعەونو ئەو کافرانە کە لە پێش ئەوانا بوون •

﴿ كَذَّبُوا بِآياتِنا ﴾ :

ئینکاری ئایاتی کتێبی ئێمەیان کرد ٠

﴿ فَأَخَذَهُمُ اللهُ بِذُنُوبِهِمْ ﴾ :

جا خودای تەعالا ئەوانی گرت بە هۆی ئـــەو تەکزیبو بێباوەڕییەوە ٠

﴿ واللهُ شَدِيدُ العِقابِ ﴾ : (١١)

وە خودای تەعالا بە راستی زاتێکی وایە عیقابو ئازاردانی موخالیفەکانی خۆی بەهێز ئەدا ٠

ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) : کاتێ کــــە حەرزەت (د) زاڵ بوو بەسەر کافرەکانا لە شـــەڕی (بـــەدر)و گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە رۆیشت جوولەکەکانی لـــــە بازاڕی (بنی قینقاع)دا گردکردەوەو فەرمووی پێیان : ئـــەی کۆمەڵەی یەهوود موسوڵمان ببن لە پێش ئـــەوەدا کە خـــودا عەزابتان بدا وەکو عەزابی کافرەکانی دا لە رووداوی (بەدر)ا٠ ئەوانیش لە وەڵاما وتیان ٠ ئەی محەمەد بەوە بایی مەبە کـــە کۆمەڵێکت لە قورەیشەکان کوشت ! ئەوانە بەراوردی جەنگو مەیدانیان نەبوو ، تۆ بە راستی ئەگەر جەنگ بکەی لەگـــەڵ ئێمەدا ئەوکاتە تێ ئەگەی کە ئێمە چ نەوعە پیاوێکین ! جـــا خودای تەعالا ئەم دوو ئایەتەی نازڵکرد ٠

﴿ قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا : سَتُغْلَبُونَ وتُحْشَرونَ اِلى جَهَنَّمَ وبِئْسَ المِهادِ ﴾ : (١٢)

تۆ بڵێ بەو جوولەکانە کە باوەڕیان نیە بە تۆو بەو قورئانە هاتووە بۆ تۆ : ئێوە لە پاشەڕۆژێکی نزیکا لــــە بـــەرابەری

موسوڵمانەکانا مەغلووبو سەرکزو گیرۆدە ئەبن ، واتە لـــــە ماوەیەکی نزیکدا گیرۆدە بوون : بەنی قورەیظەکوژرانو، بەنی نـــەضیر لـــە شوێنی خۆیان دەرکرانو شـــاری خەیبـــەر گـــیراو سەرانەیان لەسەر دانرا ٠٠ وە لە ڕۆژی قیامەتیشـــــا گـــرد ئەکرێنەوەو حەواڵە ئەکرێن بۆ دۆزەخ ، وە بە راستـــي دۆزەخ خراپترین قەرارگایە ٠

﴿ قَدْ كانَ لَكُمْ آيَةٌ في فِئَتَيْنِ الْتَقَتا ﴾ :

بە راستی ئەی یەهوودییەکان نیشانەیەکی گەورە هاتەجێ بۆ ئێوە لە هۆی ئەو دوو کۆمەڵەوە کە گەیشتن بە یەك بـــــۆ جەنگێ ٠

﴿ فِئَةٌ تُقاتِلُ في سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

کۆمەڵێکیان جەنگی ئەکرد لـــە ڕێگـــــــەی بەرزکردنەوەی کەلیمەی خودادا کە ئایینی تەوحیدو خودابەیەك زانینە ٠

﴿ وأُخْرى كافِرَةٌ ﴾ :

وە کومەڵێکی تریان کافر بوون ٠

﴿ يَرَوْنَهُمْ مِثْلَيْهِمْ رَأْيَ العَيْنِ ﴾ :

کە خۆیان بە چاو ئەبینی دوو قاتی کۆمەڵی موسوڵمانەکانن بە ئاشکرا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵە کەمە زاڵ بوون بەسەر ئەم کۆمەڵە زۆرە دوو قاتەدا ٠

وە بازێ فەرموویانە : مانای وایە کـــــە ئــــەو کافرانـــە موسوڵمانەکانیان بە دوو قاتی خۆیان ئەزانی لەبەر ئەوە هەیبەتی

موسوڵمانەکان دڵی ئەمان بترسێنێ ٠

﴿ واللهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشاءُ ﴾ :

وە خودای تەعالا بە یارمەتی خۆی دەستو هێز ئەدا بە هەرکەسێ یا بە هەر کۆمەڵێ بیەوێ زاڵیان بکا ٠

﴿ إِنَّ في ذلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولي الأَبْصارِ ﴾ : (١٣)

بە راستی لەم کارەساتەدا عیبرەتگرتنو پەندگرتن هەیە بۆ ئەو کەسانە کە چاوی وردەبینییان هەیە ٠

واتە : ئەی جوولەکەکانو ، ئەی کافرە موشریکەکان لە پاش رووداوی بەدر پێویستە بزانن خودا ئەیەوێ موسوڵمانەکان یارمەتی بدا ، وە کەسێ کە خودا یارمەتی بدا کەس ناتوانێ بیدا بە عەرزا ، دەی مل راکێشن بۆ دینی حەقو موسوڵمان ببن ٠

جا ئەگەر نازانن بۆچی ئەو کافرانە موسوڵمان نابنو تەرکی ئارەزووی خۆیان ناکەن ٠٠ بزانن :

﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَواتِ ﴾ :

جوان کراوە لە بۆ ئادەمیزاد خۆشویستنی ئەو شتانە کە ئارەزووکراویانە ٠

﴿ مِنَ النِّساءِ والبَنِينَ والقَناطِيرِ المُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ والفِضَّةِ والخَيْلِ المُسَوَّمَةِ والأَنْعامِ والحَرْثِ ﴾ :

ئەو ئارەزووکراوانە لە ژنانی جوانو دارایيو شانو ، لە کوڕانی چالاکی سەرو شێوە جوانو ، لە دارایی زۆری چین لەسەر

چین دانراو لە ئاڵتوونو زیو و لە ئەسپو مایینی رەسەنـــــی نیشانەدارو لە وشترو گاو مەڕو بزنو لە کشتو کاڵی ئاوداری خاوەن بارە ٠

﴿ ذٰلِكَ مَتاعُ الحَیاةِ الدُّنْیا ﴾ :

وە لە واقیعدا ئەم ناوبراوە هەمووی هـــــۆی ئاسایشو لەزەتوەرگرتنی ئەم ژینی جیهانەیە کە ماوەیەکی کەمی دیاری کراوی بڕاوەیە ٠

﴿ واللهُ عِنْدهُ حُسْنُ المَآبِ ﴾ : (١٤)

وە بە راستی خوای تەعالا خاوەنی مەڵبەندی جـــــوانو ئارامگای پایەداری نـــەبڕاوەیە لە پاشەڕۆژا ، وەکوو بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتو پڕ لە ئاسایشی بێ زەحمەت کە هەمیشــــە هەیە هەتا هەتایە ٠

جا بۆ روونا ککردنەوەی ئەم مەڵبەندە جوانە خودای تەعالا فەرموویەتی :

﴿ قُلْ : أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَیْرٍ مِنْ ذٰلِكُمْ ؟ لِلَّذِینَ اتَّقَوا عِنْدَ رَبِّهِمْ ﴾ :

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست : ئـــایا خەبەرتان پـــێ بدەم بە جەزایێ وە بە بەشێ کە زۆر باشتر بێ لـــەو ژنو ماڵو منداڵە ؟ : بڕیار دراوە لە لای خوداوە بۆ ئەو کەسانە کـــــــە خاوەنی تەقواو پارێزن لە کوفرو لە بیرو باوەڕی ناپەسەنـــدو کردەوەی ناشیرین :

﴿ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ خالِدِينَ فِيهَا ﴾ :

یەکەم : چەن قەسرو باغاتێ کە جۆباری شیرینکاری تامدار ڕەوان ئەبن بە ژێر دارەکانیانا ، وە ئەم موسوڵمانانەیش حاڵیان وایە ئەمێننەوە لەو قەسرو باغاتەدا هەتا هەتایە ٠

﴿ وَأَزْواجٌ مُطَهَّرَةٌ ﴾ :

دووهەم : لەوەی بۆیان بڕیادراوە چەن ژنانێکن بە قەی دڵخوازی خاوەنیان لە ژنە جوانەکانی عالەمی خۆیانو لەو ژنە جوانانە کە خودا بۆیان دروست ئەکا لە بەهەشتا وە پاك کراونەتەوە لە هەموو شتێ کە مانیعی لەزەتیان بێ : لە خووی ناپەسەندو ، لە ڕووی گرژو ، لە زمانی دژو ، لە بۆنو بەرامەی نابارو ، لە کردەوەی ناهەموارو لە نەخۆشیو ئازارو لە خوێنی وادەی ژنانەو ، لە پیسی کە لە خواردەمەنیەوە پەیدا ئەبێ ، وە لە مەیلی دڵیان بۆ لای هاوڕێی تر غەیری خاوەنەکانیان ٠

﴿ ورِضْوانٌ مِنَ اللهِ ﴾ :

سێهەم لەو شتانە کە بڕیار دراوە بۆیان : ڕەزامەندی خودایەو جیلوەی میهرەبانی ئەو خاوەن کیبریایە کە بە جارێ دەماغو دڵو دەروونو زەڕڕاتی وجوودو گیان داگیر ئەکاو ئادەمیزاد لە هەوای گڵو ئاوی نامەردیو ناپیاوی دوور ئەخاتەوە بۆ عالەمی قودسیو فریشتە خوویی‌و کەرامەتی ئەبەدیو سەرشاریو مەستی هەتا هەتایە ٠

﴿ واللهُ بَصِيرٌ بِالْعِبادِ ﴾ : (١٥)

به راستی خودا بینایه به بەندەکانی، به جەزای هەردوو جیهانی •

﴿ الَّذِينَ يَقُولُونَ : رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴾ : (١٦)

واته : ئەو بەندە خاوەن تەقوایانه که بەهەشتی ناوبراویان هەیه ئەو کەسانەن که به جۆش‌و کوڵو به سۆزی دڵ ئەپاڕێنەوە له خوداو ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمه بــه راستی ئێمــه ئیمانمان هێناوه به تۆو به دینێ که تــۆ داتمەزراندووه بــۆ بەندەکانت دەسا داپۆشه لەبەر ئێمه تاوانەکانمان‌و بمانپارێزه له عەزابی ئاگری دۆزەخ •

﴿ الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ ﴾ : (١٧)

که صیفەتی ئەو بەندە خاوەن تەقوایانه وایه صابیرن‌و خۆگرن له بەجێ‌هێنانی واجبات‌و مەندووباتاو خۆگرن له تەرکی هەرچی حەرامەو خۆگرن له کاتی جەنگی کافراناو له بەر باری میحنەت‌و مەینەتی جیهاناو به دڵ رازین لــه خــودای خۆیان‌و وەهای دائەنێن ئەم ئازارو بێزاره یا ئەبن به کەفارەتی تاوان یا ئەبن به هۆی پایەی بەرز له قیامەتا •

وه صادیقن واته : راستن له وتارا قسەیان موافیقی واقیعەو راستن له کردەوەدا ئیشێکی خێریان کرد باش ئەیکەن‌و راستن له نیەتا ، کاتێ قەسدی کارێکی خێریان کرد بــه کردەوە مۆری ئەکەن •

وە قانیتن : خاوەن عیبادەتن‌و پایەدارو بە ویسمانن لـــە طاعەت کردنا ٠

وە مونفیقن : خاوەن ئینفاق‌و ماڵسەرف‌کەرن بۆ نەفسی خۆیان‌و بۆ ژن‌و منداڵیان‌و بۆ میوان‌و خزم‌و خوێش‌و دراوسێ‌و داماوی داوای ماڵکردوو ، وە خاوەن سەرفن لە واجیباتا وەکوو زەکات‌و فیترەو ئەدای حەقی موعامەلە لەگەڵ خەڵکداو لە باقی موناسەباتا ٠

وە موستەغفیرن لە ئەسحارا واتە : لە کاتـــی بەرەبەیانا راستەوە بوون لە خەوو خۆیان ئامادە کرد بۆ عیبادەت‌و نوێژی سوننەتی پێش صوبحیان کرد جا نوێژی سبەینێیان کرد ئەمجار لە شوێنی خۆیانا بەرەو قیبلە مانەوە دەستیان کرد بە ئیستیغفارو داوای عەفو لە خوداو مەشغووڵی ئەو دۆعایانە بوون کـــــە موناسبی ئیستیغفارن وەکــــوو ئیقرارو دان‌پیانانـی تاوان‌و گوناهباری خۆیان ٠

جا وەکوو لە ئەووەڵی ئەم سوورەتەوە باسمان کرد کە لـە سەری ئەم سوورەتەوە هەتا هەشتاو ئەوەنـــدە ئایەت هاتـــە خوارەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی بیرو باوەڕی ئەو کۆمەڵە گاورە کە لە (نەجران)ەوە هاتبوون بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ موجادەلە لەگەڵ حەزرەتاو بەیانی ئەوە کە عیسا کوڕی خودایە ٠

وە خودا لەم ئایەتانەدا باسی زاتی خۆی کرد کە (حەیی)و (قەییوم)ە ، وە باسی ئەو کتێبەیشی کرد کە هاتووە بۆ حەزرەتی محەمەد (د) ، وە باسی موسوڵمانانیشی کرد کە هەموو وان لـــە

ئیطاعەو فەرمانی خوداداو لە خودا ئەپاڕێنەوە ٠ جا خودا لەم چەن ئایەتەیشا بەیانی ئەوە ئەکا کە خودای عالەم یەکەو شەریکی نیەو دین لەلای خودا دینی ئیسلامو تەوحیدەو عالەم هەمووی وا لە ژێر تەسەررووفو هێزی تەوانایی خۆیا وە کافرەکان بە عیناد لەم ڕێگە راستە لا ئەدەنو عەناد ئەکەنو فەرمووی :

﴿ شَهِدَ اللهُ أَنَّهُ لا إِلٰهَ إِلا هُوَ والمَلٰئِكَةُ وأُولُوا العِلْمِ ﴾ :

خودای تەعالا شەهادەت ئەداو فریشتە ناسکە پاکە رۆحانیەکانیش شەهادەت ئەدەن ، وە خاوەن عیلمو زانستە بەرزەکانیش هەموو هەر شەهادەت ئەدەن کە کەس عیبادەتی بۆ ناکرێو بۆ خودایی ناشێ ئیللا زاتی خودا نەبێو خودا یەکێکە ، ئیتر ئەبێ لەسەر چی ئەساسێ گاورەکان عیسا بە خودای دووهەمو دایکی بە خودای سێهەمدابنێن ٠ وە ئەو خودایە کە یەکێکە حاڵی وایە :

﴿ قائِماً بِالقِسْطِ ﴾ :

راوەستاوە بە عەدالەت ، واتە : ئەو عەدالەتو راستکاریو ئیعتیدالو میانەگیری لە هەموو شتێکدا رائەگرێ ٠ کە وابێ چۆن لە ئیعتیدالو راستکاری دائەنرێ کە بەندەیەکی بێ هێزو دروستکراو لە ئێسقانو گۆشتو خوێنو نیازمەند بە هەناسەدانو نانو ئاوو خواردنو ماندووبووی خەولێکەوتوو قەبووڵ بکا بە شەریك بۆ خۆیو بە خودای دووەمو سێیەم دایبنێ ٠

﴿ لا إِلٰهَ إِلا هُوَ ﴾ :

به قەطعی خودا نیە بۆ عالەم ئیللا ئەو نەبێ ·

﴿ العَزِيزُ الحَكِيمُ ﴾ : (١٨)

کە ئەویش خودایەکە خاوەن عیززەت‌و غالّبە بە سەر خواستی خۆیاو خاوەن حیکمەتە لە هەر شتێکدا کە بیکاو هەموو کارێکی لەسەر باری حیکمەت‌و راستی‌و عەدالەتە ·

﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الأِسْلامُ ﴾ :

وە بە راستی دین‌و ئایین لە لای خودادا ئیسلامییەت‌و ملکەچکردنە بۆ خودا ، وە لە عالەمی وجوودا کەسێ نیە کە لە ژێر ئەمرو قارو فەرمانی خودادا نەبێ ·

﴿ وما اخْتَلَفَ الَّذِينَ أوتُوا الكِتابَ إلا مِن بَعْدِ ما جائَهُمُ العِلْمُ بَغْيا بَيْنَهُمْ ﴾ :

وە ئەو کەسانە کە کتێبی ئاسمانییان پێ‌دراوە وەکوو یەهوودو نەصارا نەکەوتنە ئیختیلافەوە لەناو خۆیانا : بەم نەوعە بازێ لە جوولەکەکان بڕیاریان دا کە (عزیر) کوڕی خودایە ، وە گاورەکان بڕیاریاندا کە عیساو دایکی بەشیان هەیە لە خودایەتیدا ، وە کاتێ کە حەزرەتی (محمد المصطفی) رەوانەکرا بۆ سەر جینن‌و ئینس لەگەڵ ئەوەدا کە صیفات‌و نیشانەی لە کتێبە پیشووەکانا بەیان کراوەو لە لایان مەعلووم بووە ئینکاری نوبووەت‌و ریسالەتیان کرد لە بەر بەغی‌و لادان لە حەق·· ئیللا پاش ئەوە عیلم‌و زانستیان بۆ هات · واتە بە ناحەق‌و عەنادکاری لەگەڵ ئەوەدا کەئەیانزانی حەق چیە لە حەق لایان‌داو کوفری خۆیان دەرخست ·

﴿ ومَنْ يكْفُرْ بِآيـاتِ اللهِ فَاِنَّ اللهَ سَرِيعُ الحِساب ﴾ : (١٩)

وه هەركەسێ كوفرو عەناد بكا بەرابەر بە ئایاتی خوداو ئینكاری كتێبی سەماوی بكا ئەوە خودا بە چەسپان ضەبطی گوناهی ئەكاو تاقە تاوانێكی لە خودا وننابێ‌و حسێبی وردەگوناهەكانیان ئەكا چە جای كوفرەكەیان ٠ وە لەمەوە دەرئەكەوێ كە كافر وەكوو بە هۆی كوفرەكەیەوە لە دۆزەخدا عەزاب ئەدرێ حسێبی كردەوەی ناباریشی وەكوو عەنادو نامەردی هەم لەگەڵا ئەكرێ‌و زیادە عەزاب ئەدرێ ٠

﴿ فاِنْ حاجّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وجْهِيَ للهِ ومَنِ اتَّبَعَنِ ﴾ :

جا ئەگەر پاش ئەم بەیاناتە كە رابوردن ئەو گاوارانە هەر موحاجەو موجادەلەیان كرد لە گەڵتا تۆ پێیان بفەرموو : من وا خۆم‌و پەیڕەوەكانم شەخسی خۆیان موطیعو فەرمانبەردارو ملكەچ كرد بۆ خودای عالەم ٠

﴿ وقُلْ لِلَّذِينَ أوتُوا الكِتابَ والأُمِّيِّينَ : أَأَسْلَمْتُمْ ؟ ﴾ :

وه بڵێ بەو كەسانە كە كتێبیان پێدراوە لە یەهوودو نەصارا وە بەو ئوممییانە كە هیچیان نەخوێندووە : ئایا ئێوەیش ملكەچ بوون بۆ خودا وەكوو من ؟

﴿ فَاِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوا ﴾ :

جا ئەگەر ئەوانیش فەرمانبەردارو ملکەچ بوون بۆ خوداو ئەحکامی خودایان گرتەگەردن ئەوە دیارە ئەوانیش شارەزا بوون بۆ ڕێگەی ڕاست ·

﴿ وإنْ تَوَلَّوا فَإنَّما عَلَيْكَ البَلاغُ ﴾ :
وە ئەگەر پشتیان هەڵچەرخان‌و موسوڵمان نەبوون ئەوە ئیتر تۆ دڵگران مەبە ، تۆ بە ڕاستی هەر گەیاندنی پەیامی خودات لە سەرە وا گەیاندووتە پێیان ·

﴿ واللهُ بَصيرٌ بِالعِبادِ ﴾ : (٢٠)
وە زاتی خودایش بینایە بە هەموو بەندەکانی خۆی ، هەر شتێکیان پێ‌ئەکا ئەتوانێ ·

لەم مەوزووعەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : پرسیارکراوە ئەو کەسەی داوای تەوحیدو یەکیەتی ئەکا زاتی خودایە ، دەی چۆن خۆی داوا چییەو خۆیشی ئەبێ بە شاهید ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە وتراوە : مادام هەرکەسێ ببێ بە شاهید لەسەر ئەم داوا عیلم‌و زانستەکەی هەر لە خوداوە دەستکەوتووە (بالذات) وەکو پێغەمەر (د) یا (بالواسطة) وەکوو غەیری ئەو · وە بناغەی شەهادەتیش هەر عیلمە ؛ چونکی هەتا یەکێ عیلمی نەبێ بەشتێ شەهادەت نادا ئەوە لە حەقیقەتا شاهیدەکە هەر خودایە ، وە لە بەر دەفعی خەیاڵی

رەخنەگرێ کە بڵێ شەهادەتی خودا بۆ خۆی لێرەدا بەکار نایێت خودا ئیکتیفای نەکردووە بە شەهادەتی خـــۆی بەڵکـوو دوو شاهیدی پاکی دوور لە شوبهەی توهمەتی هێناوە کە یەکێکیـان فریشتەی بارەگای پاکەو ئەویشیان عالمی زانای بێغەشـــی دڵڕووناکە بۆ ئەوە ئەگەر لاتکردەوە بەملاوە دوو شاهیدی باش حازر بن ٠

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە : ئەم شەهادەتە لەســـەر مەعنای مەشهووری شەرع نیە هەتا خودا بۆ شەهادەت نەشێ لـە سەر داوای خۆی ٠٠ بەڵکوو شەهادەت بە مانا ئیخبارو ئیعـلامو ئیعلانو دەربڕینە ٠ وە مانیع نیە لەوەدا کە خودای تەعالا بــۆ ئیرشادی عیبادی خۆی ئیعلانی حەقیقەتێ بکا لە عالەما هەتـــا هەموو کەس سوودی لێ وەربگرێ ٠ وە بە هەر صوورەت لـــە گردکردنەوەی عولەماو زاناکانی دین لەگەڵ خۆیاو فریشتەکانا بۆ دەربڕینی ئەم حەقیقەتە گەلێ تەشریفو ئیعتیبار دەرئەکەوێ بۆ زانایانی دین ٠

باسی دووهەم : کەلیمەی ئیسلام لە ئایەتی (ان الدین عند الله الاسلام) دا تەفسیرکراوەتەوە بە تەوحیدو خودا بە یـــەك دانان ؛ چونکی لەسەر ئەم مەعنا ئەم ئایەتە ئەبێ بە ڕەدد لەسەر گاورەکان کە داوای ئیشراکی عیساو مەریەم ئەکەن ٠ بـــەڵام ئەگەر ورد تەماشا بکەین کەلیمەی ئیسلام لە زمانی عەرەبدا بـە مانا ئینقیادە یانی ملکەچی خواە بە صوورەتی زاهیری بێ نەك بە حەقیقەت یا بە حەقیقەت بێ وەکو ئەوە کە صیفەتی موسوڵمانی ساغو خاوێنە ٠

وە مادام ئیسلام بە مانا ئینقیادو ئیطاعە بێ ؛ ئیسلام یا لە مەقوولەی ئینفیعال ئەبێ یا لە مەقوولەی (فعل) ئەبـــێ ، وە لەبەر ئەوە کە ئیمان تەصدیقو باوەڕە بە دڵ دەرئەکەوێ کـــە ئیسلامو ئیمان لە زاتی خۆیانا موباینو موخالیفـــن بۆ یەکتر ؛ چونکە ئیسلام یا لە مەقوولەی ئینفعالە یافیعلە وە ئیمان لـــە مەقوولەی عیلمە بەڵام لە وجووداو لە هاتنەجێگەی زاهـــیر موتەلازیمو موتەساوین ؛ چونکی لە هەر لایێ ئینقیادی زاهیر ببێ ئیمانی زاهیریش دەرئەکەوێ ؛ واتە شێوەیەکی وا دێتەجێ کـــە ئینسان ئەو کابرایە وەکوو بە خاوەن ئیسلام ئەزانێ بە خاوەن ئیمانیشی بزانێ ٠

وە ئەمما لە هاتنەجێگەی واقیعو (نفس الامر) دا نیسبەت لە بەینیانا عوومومو خوصووصی (من وجه) ە ؛ یانی ئەکەونە یەكو لە یەکیش جیائەبنەوە وەکوو دەرکەوتنی هەتاوو بارینی باران ٠ واتە رێئەکەوێ ئینسانێ ئیسلامو ئینقیادی نەفســـی واقیعی ئەبێو ئیمـــانو تەصدیقی قەلبیشی ئەبـــێ وەکـــوو موسوڵمانە ساخەکان٠ وە رێئەکەوێ کەسێ ئیسلامو ئینقیادی نەفسی واقیعی ئەبێو ئیطاعە ئەکا بەڵام بە قەطعی ئیمـــــانو تەصدیقو عیلمی نیە بە شانو پایەی ئەو کەسە کە ئیطاعـــەی ئەکا ٠ بەڵکوو هەر کوێرانە ئەکەوێتە شوێنی وەکوو ئەتباعی گەلێ (متشيخ)ی نەزان ٠ وە رێئەکەوێ کەسێ ئیمـــــانو تەصدیقو عیلمی ئەبێ بە پایەو شانی کەسێ بەڵام بە قەطعـــی ئینقیادی بۆ ناکاو فەرمانی وەرناگرێ وەکوو ئەو زانایانـــــی

جووله‌که‌یه که خودا له شانیانا فه‌رموویه‌تی (یعرفونه کما یعرفون ابنائهم) • مادام وایه لازم دێ که ئیمان به مانا ته‌صدیق‌و باوه‌ڕ به ته‌نیا جیگه‌ی ئیعتیبار نه‌بێ مه‌گه‌ر به مه‌رجی ئیسلام‌و ئینقیادي نه‌فسی واقیعی ، وه له واقیعیشا ئه‌مه وایه جا ئه‌گه‌ر یه‌کێ بلێت که وایه بۆچی مه‌شهوور وایه ئیمان ته‌صدیقه‌و ئیتر ناوی ئیسلام‌و ئینتیادی نه‌فسی نه‌براوه ؟ له وه‌لاما ئه‌لێین : هه‌ر چه‌ند باسی ئه‌وه نه‌کراوه به‌لام ئیقرار به دوو که‌لیمه‌ی شه‌هاده‌ت شه‌رته بۆ ئیمان‌و ئه‌م ئیقراره‌یش له‌به‌ر ئه‌وه غالبا پاش ده‌وام ئه‌بێ به هۆی ئیسلامی نه‌فسی ئیکتیفای پێ‌کراوه •

★ ★ ★

﴿ اِنَّ الَّـذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّين بِغَيْرِ حَقٍّ ﴾ :

ئه‌و که‌سانه که ئینکاری ئایاتی خودا ئه‌که‌ن ، واته پشت هه‌ڵئه‌که‌ن له بیرو باوه‌ڕی ئیسلامی‌و . پێغه‌مه‌ره‌کان ئه‌کوژن به ناحه‌ق •

﴿ وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ ﴾ :

وه ئه‌و که‌سانه ئه‌کوژن که فه‌رمان ئه‌ده‌ن به بیرو باوه‌ڕی راست‌و کرده‌وه‌ی راست له ئاده‌میزادا •

﴿ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذابٍ أَلِيمٍ ﴾ : (٢١)

ئه‌وه موژده‌یان بده‌رێ به عه‌زابێکی ئێش‌گه‌یێن •

﴿ أولئِكَ الَّذِين حَبِطَتْ أَعمالُهُمْ فِي الدُّنْيا والآخِرَةِ ﴾ :

ئەو کافرانە کەسانێکی وابوون لە کاتی خۆیا کە کردەوەی باشیان بە دیمەن بــێ قیمەت بووە لــە دنیادا لە بەرچــاوی موسوڵمانانی زەمانی خۆیانا وە لە قیامەتیشا ؛ چونکی ثەوابــی بۆ دانانرێ ٠

﴿ ومالَهُمْ مِنْ ناصِرِينَ ﴾ : (٢٢)

وە ئەوانە کەسیان نیە یارمەتییان بــدا لــەو کۆمەڵــە یارمەتیدەرانە کە خۆیان گومانی یارمەتیو موساعەدەیان پــێ ئەبەن ٠

ئەمە ئەگەر (اولئك) ئیشارەت بێ بۆ ئەو کافرانە کە لە کاتی خۆیاو لە زەمانی پێشوودا ئــەو صیفاتــــە ناشیرینانەیان بووە ٠ وە ئەگەر ئیشارە بێ بۆ لای هاووێنەی ئەوان لــــەو کافرانە کە لە زەمانی حەزرەتا بوون یا لە پاش ئەو زەمانە ئەبن ئەوە مەعناکەی وایە کە ئەو کەسانە کە بە دڵ کافرو بێ باوەڕنو ئەگەر بۆیان رێبکەوێ پێغەمەری زیندوو لە بەردەستیانا بــێ ئەیکوژن ، وە هەرکەس ئەمر بە چاکە بکاو نەهی لە خراپە بکــا گیرۆدەی ئەکەنو ئەمر بە بیرو باوەڕی راست ناکەن ئەوانــــە کردەوەی چاکی دنیایان بێ قیمەتە لە دنیادا لای موسوڵمانەکان وە بێ ثەوابیشە لە ئاخیرەتدا لە حوزووری خوداداو کەسیش نیە یارمەتییان بدا ٠

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

باسی یەکەم : لەبەر ئەوەی کە خودای تەعالا لە ئایەتــــی

پێشوودا باسی ئەوانەی کرد کە پشت هەڵئەکەن لە حـــــەق وە لائەدەن لە ڕێگەی ڕاست ٠٠ هات لەم ئایەتەدا باسی ئەقســـامی ئەوانەی کرد : بەشی ئەووەڵیان ئەوانەن کــە لـــە بیرو باوەڕا کافرن ٠ بەشی دووەمیان ئەوانەن کـــە ناهەموارترینی گوناهـ ئەکەن ، وەکوو کوشتنی پێغەمەرانی خودا ــ سەلامی خودایـان لێ بێ ــ ٠ وە بەشی سێهەم ئەوانەن کە ئەو کەسانە ئەکوژن کـە ئەمر ئەکەن بە عەدالەتو ڕاستکاری ٠

جا لەم سێ بەشە هەموویان لـــە زەمانـــی یەهوودەکانـا رابوردوون ؛ چونکی بە نەصصی ئایەت مەعلوومە کە کوفریـان کردووە بە ئایاتی خوداو پێغەمەرەکانیان کوشتووەو ئـــــەو کەسانەیشیان کوشتووە کـــە لـــە پاش پێغەمەرەکان ئەمریان کردووە بە چاکەو نەهیان کردووە لە خراپە ٠

هەروا لە زەمانی پێغەمەری ئێمەیشا ــدــ ئـــەو یەهوودو نەصرانیانە ئینکاری قورئانیان کردووەکە ئایاتی خوداناو ئینکاری پێغەمەریان کردووەو ئامادە بوون بۆ کوشتنی وە ئەگەر بۆیان هەڵبکەوتایێ ئەیانکوشت وە هەرکەسێ ئەمری بکردایە بـــە چاکەو نەهی بکردایە لە خراپە لە ئەصحابی پێغەمەردا ئەگـەر دەستیان ببوایێ ئەیانکوشت ، وە لە پاش ئەو زەمانەیش ئـەو حاڵە هەر دەوام ئەکا ٠

باسی دووهەم : ئەمەیە ئەم ئایەتە دەلاڵەت ئەکا لەسەر ئەوە کە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە واجبە ٠ ریوایەتکراوە لـــە ئەبو سەعیدی خدرییەوە ــخــ کە حەزرەت (د) فەرموویەتـی :

(من رأى منكم منكرا فليغيره بيده ، فان لم يستطع فبلسانه فان لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان) • واته : هەركەسێ لە ئێوە چاوی کەوت بە شتێکی ناشەرعی با ئەو شتە ناشەرعییـــە بگۆڕێ بە هێزی خۆی ، وە ئەگەر هێزی نەبوو بیگۆڕێ بە زمانی خۆی ، یانی بڕوا بۆ لای خاوەن دەستێ کە مەنعی ئەو ناشەرعییە بکا ، وە ئەگەر ئەوەیشی پێ نەکرا با بە دڵ بیگۆڕێ ، یانی بە دڵ بێزار بێ لەو کارە ناباره • وە ئەم پایە پەستترینی پایـــەی خاوەن ئیمانە •

بەڵام ئەم ئەمر بە مەعرووف‌و نەهی لە مونکەرە چەن شەرتی هەیە :

یەکەم : ئەمەیە نەکێشێ بۆ سەر بەکارهێنانی چـــەك ؛ ئەگەرنا ئەو کاتە لەسەر عامەی خەڵك نیە بەڵکو لەسەر خاوەن شەوکەتەکانە •

دووەم : ئەمەیە کابرای ئامیرو ناهی ترسی نەبێ لە نەفسی خۆی یا حەیوانێکی موحتەرەم ، وە ترسی نەبێ لە سەر ئەعــزای خۆی ، وە یا لەسەر ماڵێکی وا کە بە نیسبەتی ئەو کەسەوە قیمەتی هەبێ وە یا ترسی فەسادێکی ببێ زیاتر لە فەسادی خراپەکە •

شەرتی سێهەم : ئەمەیە کە عەقیدەی کابرا وەهابێ ئــــەو ئەمرە ئەیکا قوبووڵ بکرێ ، وە یا ئەگەر قوبووڵ نەکرێ عینادی کابرا زیاتر نەکا •

چوارەم : ئەمەیە ئەو مونکەرە یا بە ئیتیفاق لە مونکەرات

بێ ، یاخود ئەو کەسە ئەیکا لە لای وابێ حەرامە ، وە ئەو شتە ئەمری پێ ئەکا واجب بێ یا مەندووب بێ بە ئیتتیفاق یا بە عەقیدەی مەئموورەکە •

وە ئەوەی کە بازێ لە زاناکان فەرموویانە بە هەموو حاڵێو لە هەموو کاتێکا ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر واجبە ئەوە موخالیفە بۆ زاهیری حەدیثی شەریفو کابرا دەلیلێکی بە دەستەوە نیە • بەڵام شەرت نیە کابرای ئامیرو ناهی عادل بێ ، واتە هەرچەن خۆی ئەهلی فیسق بێ بۆی دروستە ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر بکا ، یا واجبە لەگەڵ ئەو مەرجانەدا کە وتمان •

وە ئەو کەسانە کە ئەڵێن : ئایەتی (أتأمرون الناس بالبر وتنسون انفسکم) دەلیلە لەسەر ئەوە یەکێ خۆی فەرامۆش کردبێو تاوانبار بێ دروست نیە ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر بکا ئەوە دەلیلەکەی تەواو نیە ؛ چونکی ئەو ئایەتە زەمی ئەو زانایانە ئەکا لەسەر فیسقو فوجووری خۆیان نەك لەسەر ئەمر بە مەعرووفەکەیانو نەهی لە مونکەرەکەیان • وە ئایەتی (لا یضرکم من ضل اذا اهتدیتم) نابێ بە دەلیل لەسەر سکووتکردن لە مونکەرات بۆ ئەو کەسانە کە خۆیان موهتەدیو باشن ؛ چونکی لە کاتێکا ئەوان بە موهتەدیو بە باش ئەناسرێن کە واجباتی خۆیان تەواو بکەن ، وە لە جوملەی واجباتە ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر لە لایەنی ئەوانەوە •

فەرموودەی خودا (ألم تر الى الذين اوتوا نصيبا)٠٠ الآية

ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە ـخـ : کە حەزرەت (د) رۆژێ رۆیشتە (بیت المدراس) لای یەهوودییەکانو کۆمەڵێ لە یەهوودەکانی بانگکرد بۆ ئیسلام ٠ جا لەوێدا (نعیم)ی کوڕی عەمرو حارثی کوڕی زەید پرسیاریان کرد لە حەزرەت(د) تۆ لەسەر چ دینێکی ؟ ئەویش فەرمووی : لەسەر دینی ئیبراهیم (د) ٠ ئەوانیش وتیان : دەی ئیبراهیم یەهوودی بووە ٠ جا حەزرەت (د) فەرمووی : ئەگەر راست ئەکەن وەرن تەورات بێننو بیخوێننەوەو تەورات حەکەمی بەینی ئێمەو ئێوە بێ ! ئەوانیش ملیان بادا لەو فەرموودەی حەزرەتە (د) جا خودا ئەم ئایەتانەی نازڵکرد ٠

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيباً مِنَ الكِتابِ ﴾:
ئایا نابینی ئەو کۆمەڵە لەوانەی کە بەشێکیان پێدراوە لە کیتاب وەکوو تەورات بێ ٠

﴿ يُدْعَونَ إِلى كِتابِ اللهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ﴾ :
بانگئەکرێن بۆ تەماشاکردنی ئەو کتێبی خودایە کە تەوراتە بۆ ئەوە کە کیتابەکە حەکەم بێ لە بەینی ئەوانو خاوەن دەعوەتەکەداو حوکم بدا بۆ ئەوەی لەسەر حەقە بڵێ لەسەر حەقەو لەسەر ئەوەی ئەهلی ناحەقە بڵێت لەسەر ناحەقە ٠

﴿ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ ؛ ﴾ : (٢٣)

له پاش ئەو دەعوەتو بانگکردنە بازێکیان پشتهەڵئەکەن له قوبووڵی ئەو دەعوەتەو ئەوان بە جیددی له دەستووری خـودا لادەرن وە گوێی پێ نادەن ؟

﴿ ذلِكَ بِأَنَّهُمْ قالُوا : لَنْ : تَمَسَّنا النَّـــارُ اِلا أَيّاماً مَعْدُودات ﴾ :

وە ئەو پشتهەڵکردنو موبالاتنەکردنیانە بە کتێبی خودا بە هۆی ئەوەوەیە ئەڵێن : ئێمە ئاگری دۆزەخ لێمـــان ناکەوێ ئیللا چەند رۆژێکی کەمی هەڵژمێرراو ٠

﴿ وغَرَّهُمْ في دِينِهِمْ ما كانُوا يَفْتَرُون ﴾ : (٢٤)
وە ئەوانی بایی‌کردووە له دینی خۆیانا ئەو قســـــە پڕو پووچانە کەوا هەڵیانبەستووە بەبێ ئەساسو داوای ئەوە ئەکەن خودای تەعالا وەعدەی داوە بە یەعقووب ـدـ کە نەتەوەی ئەو ناسووتێن بە ئاگری دۆزەخ ئیللا بەقەی ئادی سوێند ٠

﴿ فَكَيْفَ إذا جَمَعْناهُمْ لِيَوْمٍ لا رَيْبَ فِيهِ ؟﴾:
جا ئەبێ حاڵی ئەم جوولەکانە چۆن بێ کاتێ کە گردیـــان ئەکەمەوە لەو رۆژەدا کە گومانی تیانیە ؟

﴿ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ ماكَسَبَتْ ﴾ :

وە تەواو ئەکرێ بۆ هەر نەفسێ جەزای ئەو بیرو باوەڕەو ئەو کردەوەیە کە کردوویەتی له دنیادا کاتی ژیانی خۆی ٠

﴿ وهُمْ لا يُظْلَمُونَ ﴾ : (٢٥)

وەلحاڵ ئەوان نە کەمو نە زۆر ستەمیان لێ ناکرێ ٠

ئەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ : هەر کەسێ ئیمانو باوەڕی ببێ بە دینی ئیسلام ئەوە نامێنێتەوە لە دۆزەخا هەتا هەتایە ؛ چونکی هیچ نەبێ موستەحەقی جەزای ئیمانەکەیەتیو جەزای خێر لــە ناو ئاگری دۆزەخا نابێ کە وابێ پێویستە لـــە ئاگری دۆزەخ دەربکرێو ببرێ بۆ بەهەشتو هەرکەسیش رۆیشتە بەهەشت بۆ وەرگرتنی ثەواب ناکرێتە دەرەوە •

فەرموودەی خودا : (قل اللهم مالك الملك) :

واحیدیو بەغەویو غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە ـخـ فەرموویەتی : کاتێ کـــە پێغەمەر (د) شاری مەکەی موکەڕڕەمەی گرت وەعدەی دا بــە ئوممەتەکـەی کە ولاتی فارسو رۆمیش ئەگرێ ، جا موناففەقەکانو جوولەکەکان وتیان:(هیهات هیهات)محەمەد چۆن ئەتوانێ ئەو ولاتانە بگرێ؟! ئایا تێر ناخوا بە مەکەو مەدینە ؟! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد :

﴿ قُلِ ﴾ :

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست :

﴿ اللّٰهُمَّ مالِكَ المُلْكِ تُؤْتي المُلْكَ مَنْ تَشاءُ وتَنْزِعُ المُلْكَ مِمَّنْ تَشاءُ ﴾ :

ئەی پەروەردگارا ! ئەی خاوەنی هەموو موڵكو دارایی لە جیهانا تۆ داراییو پادشایی ئەدەی بە هەرکەسێ خواستت لەسەر بێو ئەسبابی بۆ رێك ئەخەی • وە داراییو پاشاییش دائەڕنـــی

له بەری هەرکەسێ خواستت وابێ کزی بکەی وە ئەسبابی داکەوتن‌و پاشکەوتنی بۆ رێك ئەخەی ٠

﴿ وتُعِزُّ مَنْ تَشاءُ وتُذِلُّ مَنْ تَشاءُ ﴾ :

سەربەرز ئەکەی هەرکەسێ خواستت هەبێ‌و سەرکز ئەکەی هەرکەسێ خواستت هەبێ ٠

﴿ بِيَدِكَ الخَيْرُ ﴾ :

هەر لە دەستی تۆدایەو لە تەوانایی تۆدایە هەموو سوودێکی دنیاو قیامەت بە هەرکەسێکی بدەی ئەیدەی‌و لە هەرکەسێ مەنعی بکەی ئەیکەی ٠

﴿ إنَّكَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ : (٢٦)

تۆ بە راستی بە سەر هەموو شتێکدا تەواناى ٠

﴿ تُولِجُ اللَّيْلَ في النَّهارِ وتُولِجُ النَّهار في اللَّيْلِ ﴾ :

ماشەڵلا خودایە تۆ ئەوەندە تەواناى پەردەی تاریکی شەو ئەهاویتە ناو پەردەی رووناکی رۆژو وەها لە یەکیان ئەچەسپێنی، وە پەردەی رووناکی رۆژ ئەهاویتە ناو پەردەی رەشی شەوەوەو لە یەکیان دەچەسپێنی کە ئادەمیزادی ورد مەگەر رۆژو شەو لە یەك بکاتەوە لەو کاتانەدا یەکێکیان دێ‌و یەکێکیان ئەڕوا ٠ وە یا بازێ لە کاتەکانی شەو ئەهاویتە سەر کاتەکانی رۆژ کاتێ بتەوێ کە شەو کورت بکەیتەوەو رۆژ درێژ بکەی ٠ وە بازێ لە کاتەکانی رۆژ ئەهاویتە سەر کاتەکانی شەو کاتێ بتەوێ رۆژ کورت بکەیتەوەو شەو درێژ بکەی ، وە هەموو ئەم کەم‌و

زیادە لە سەر یاسایەکی دامەزراوی پایەداری وایە کە بە ساڵەهای ساڵ بە تاقە دەقیقەیێ موخالەفەی تێدا نابێ ٠

﴿ وتُخْرِجُ الحَيَّ مِنَ المَيِّتِ ﴾ :

وە مادەی زیندووی خاوەن شوعوور دەرئەکەی لە مادەی بێ شوعوور ٠

﴿ وتُخْرِجُ المَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ ﴾ :

وە مادەی بێ زیندەگیو بێ شوعوور دەرئەکەی لە مادەی زیندووی خاوەن شوعوور ٠ گیاندار لە خاكو ئاوی بێ رۆح دروست ئەکەی ، وە خاكو ئاوی بێ شوعوور لە گیانداری زیندووی بە شوعوور دەرئەکەی ٠٠ یاخود نەتەوەی گیاندار لە مادەی بێگیان دروست ئەکەی ، واتە ئەو نەتەوە کە گیاندارە خاوەن هەستو بەخۆزانینە وە خاوەن بیستنو بینینە ، وە جار بەجاریش خاوەنی زانستو هۆشی بەرزی شیاوی تەطەوورو خۆگۆڕینە٠٠ ئەمانە بەم هەموو حاڵەوە ، کە ئادەمیزاد سەری لێیان سوڕئەمێنێ ، دروستیان ئەکەی لە مادەیێ کە ئەوپەڕی صیفاتیان هەر ئیستیعدادە بۆ حەیات ٠ ئەگەرنا فیعلەن حەیاتیان نیەو شوعووریان نیە چ جای زانستی بەرزی بەڕێز ، وە ئەگەر باش بڕوانی بۆ ئەو مادە خاوەن ئیستیعدادە فامی ئەوە ئەکەی کە ئەو ئیستیعدادە بۆی رەوانەکراوە ماڵی خۆی نیەو بە کەمو زۆر ئەگۆڕێ ٠

وە یاخود گیانلەبەری چاوکراوەی دڵڕووناکی شارەزا بە پیرۆزی دەرئەکەی لە ئینسانێکی دڵکوێری بێفامو بیر ئەگەر

دەستی نەگری بە دوو چاوی ساغەوە ئەکەوێتە بیر ، وە بە عەکسی ئەمەوە ئینسانێکی پڕ لە نوقسان دەرئەکەی لە ماددی ئینسانێکی بەرزو شارەزا بە بارەگای بەرزی خوداو رێنومای ئادەمیزاد بۆ پیرۆزی نەبڕاوە لە هەردوو دونیادا ٠

جا پەروەردگارا تۆ کە خودایەکی تەوانای وەها بی کـــە هۆشیار سەری لە ئەسراری کارت سڕ ئەبێ چۆن ناتوانـــی ریاسەتو پاشایی‌و دەوڵەمەندی‌و دارایی بدەی بەوەی کـــە خواستت لێ‌بێ وە یا مەنعی بکەی لـەو کەسەی کـــە خواستت لێ‌بێ ؟ بە دڵێکی پاکی روو ناك ئیمان‌و باوەڕمان هەیە بەوە هەر تۆی خاوەن دەستەڵات لە رووی جیهانا لە ئاشکراو لە پەنهانا ٠

﴿ وتَرْزُقُ مَنْ تَشاءُ بِغَيْرِ حِسابٍ ﴾ : (٢٧)

وە ئەتوانـــی رزق‌و رۆزی‌و ژیواری پیرۆزی‌و تاجـــی کەرامەت‌و سەربەرزی‌و بەرگی دەوڵەمەندی‌و بێ‌نیازی‌و حاڵـــی دڵگوشادی‌و ئینتیظاری بدەی بەو کەسە کە پێی ئەدەی ، وە یا بە ئەندازەیێ کە دەرچوو بێ لە ژمارەکردن بە یاسای عادەتی ٠

وە ئەم دەستکەوتانە لە هەموو بابەتێکەوە لە دنیادا یا لـە دینا لە ژیوارا یا لە ژینا بەشێکیان ئەسبابەکانیان لـە بەرچاوی خاوەنەکەیانا نیە لەگەڵ ئەوەدا بۆی ئەبـــێ ٠ وە بەشێکیـان ئەسبابەکانیان کەمترە لە ئەسبابی خەڵك ، یا وەکوو ئەوانـــە لەگەڵ ئەوەدا دەسکەوتەکەی لەوان زۆرترەو گەلێ جار تـــۆ ئاگات لێ نیە ئەو خۆی هۆکەیان ئامادە ئەکا ، وە گەلێ جار تـۆ ئەسبابەکان ئامادە ئەکەی لەگەڵ ئەوەدا بە کەمتر هۆیێ ئـــەو

ئەسبابانەت بەرباد ئەکا • صەد رەحمەت لەو کەسە کە وتوویە :

لە سەبەب سازیت ئەبم بە حەکیم
لە سەبەب سۆزیت سەودایی‌و سەقیم
هەر خۆتی هەر خۆت چی خواستت لێ بێ
عالەم بیەوێ نەبێ هەر ئەبێ
کە ویستت کەسێ دڵشادی بکەی
لە دوو دونیادا ئازادی ئەکەی
ئەو کەسەیش ویستت دڵشادی نەکەی
بە سووسەی بایێ بەربادی ئەکەی
داتناوە ئەسباب بۆ مەردی زانا
کردەوەی بە نرخ لە بۆ تەوانا
بەڵام موسەبیب بۆ هەموو ئەسباب
هەر خۆتی بە حەق ، یا خودای وەهاب
ئەو ئەسبابانە ئەگەن بە ئەنجام
وان لە لای خۆتا ئەی خودای عەللام
بۆمان بێنە جێ بە میهرەبانی
مایەی پیرۆزی نەوعی ئینسانی

جا لەسەر ئەساسی ئەوە کە مەبدەئی ئیجاد هەر خودایەو بەس حەزرەت (د) فەرمووی بە ئیبنو عەبباس (خ) : « اذا سألت فاسأل الله واذا استعنت فاستعن بالله » واتە : کە داوای شتێکت کرد لە خودا داوا بکە ، وە کاتێ داوای یارمەتیت کرد داوای یارمەتی لە خودا بکە • ئیتر مەبەس لەم فەرموودە بەرزە

ئەمە نیە کە ئینسان بە تەمەڵی دابنیشێو مشغووڵی کار نەبێو نەکەوێتە شوێن ئەسباب ؛ چونکی ئەسباب خـــودا دایناونو کەوتنەیشوێنی لە یاسای خودایەو لە (سنة الله)یە ئەوەتە لــە باسی (ذی القرنین) دا فــەرموویــەتی : (وآتینـــاه مـــن کل شيء سببا فاتبع سببا) وە فەرموویەتی : (وأتوا البیوت من أبوابها) ، وە فەرموویەتی : (وقل اعملوا فسیری الله عملکـــم ورسوله) . وە فەرموویەتی : (لقد کان لکم في رسول الله اسوة حسنة) • واتە : بۆ ئێوە هەیە لە زاتی رەسولەڵلا پێشەوایەکی گەورەی جوانکارو جوانڕەفتار • وە حەزرەت (د) بە کردەوەی تێکۆشیوەو ئەسبابی پێشکەوتنی خۆی جێبەجــێ کردووە ، وە لەگەڵ ئەوەدا بە رۆژا جیهادی کردووە لە شەویشدا شەونوێژی کردووەو لە خودا پاڕاوەتەوەو داوای یارمەتیکردووەو داوای دۆعای خێری لە رەفیقەکانی کردووە ، وە کاتێ کــە عومەری کوڕی خەطابی نارد بۆ حەج فەرمووی : (لا تنسنا من دعاتــك یا أخي) واتە : فەرامۆشمان مەکە لە دۆعای خۆت ئەی بـــرای خۆشەویستم ، وە فەرمانی داوە پێمان لە کاتـــی دەردو بەلادا سەدەقەو خێرات بکەین • وەلحاصڵ پێویستە ئینسانی موسوڵمان بکەوێتە شوێن ئەسباب چ بۆ دین چ بۆ ژینو تەوەکول بکا لەسەر خوای (ارحم الراحمین) •

فەرموودەی خودای تەعالا : (لا یتخذ المؤمنون •• الآیة)

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) کە کۆمەڵێ لـــە

موسولمانه ئەنصارییەکان هاتوچۆیان بوو لەگەڵ کۆمەڵێ لــە جوولەکەکانو تێکەڵبوون بەوان • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ئەفەرموێت :

﴿ لا يَتَّخِذِ المُؤْمِنُون الكافِرينَ أَوْلِياءَ مِــنْ دُونِ المُؤْمِنِينَ ﴾ :

واتە : با موسوڵمانەکان کافرەکان وەرنەگرن بە دۆستو لە موسوڵمانەکان لادەن •

﴿ ومَنْ يفْعَلْ ذلِكَ فلَيْسَ مِنَ اللهِ في شَيْءٍ ﴾:

وە هەرکەسێ ئیشی وەها بکا ئەوە لە جانیبی خوداوە نیە لە هیچ پلەو پایەیەکداو قیمەتی نیە لای خودا •

﴿ اِلا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقيةً ﴾ :

لە هیچ کاتێکاو لە هیچ حاڵەتێکا دروست نیە بۆتان تێکەڵیو رێکەوتن لەگەڵ کافرانا ئیللا لە کاتێکاو لە حاڵێکدا بترسن لــەو کافرانە بە ترساندن بە ڕاستی ، یاخود لە کاتێکا بترسن لــە کارێکی ناباری وا بێ کە تەرێزی لێ ئەکرێ ئەو کاتە بە قــەی ناچاری دروستە بۆ موسوڵمان رێکەوتن لەگەڵ کافرانا •

﴿ ويُحَذِّرُكُمُ اللهُ نَفْسَهُ ﴾ :

خودا ئەتانترسێنێ لە عەزابی خۆی •

﴿ وإلى اللهِ المَصيرُ ﴾ : (٢٨)

وە دیارە هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەی ئێوەو لــە دەستی دەرناچن •

﴿ قُلْ : إِنْ تُخْفُوا ما في صُدورِكُمْ أَو تُبْدُوه ﴾ :

تۆ ئەی پێغەمەری رابەر پێیان بڵێ : ئەگەر ونبکەن ئەوەی وا لە دڵتانا لە پەیوەندیتان بە کافرانەوە وە یا دەری‌بخەن ٠

﴿ يَعْلَمْهُ اللهُ ﴾ :

بە قەطعی خودای تەعالا ئەیزانێ ٠

﴿ ويَعْلَمُ ما في السَّمٰواتِ وما في الأَرْضِ ﴾ :

وە نەك بە تەنها ئەحواڵی ئێوە بەڵکوو خودا ئەزانێ ئەوەی وا لە ئاسمانو لە عەرزا ٠

﴿ واللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ : (٢٩)

وە لەگەڵ ئەوەدا کە هەرچی هەیە لە عەرزو ئاسمانا خودا ئەیزانێ بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایەو ئەتوانێ بە هەموو نەوعێ جەزاتان لێ بسێنێ ٠

﴿ يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ ما عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَراً وما عَمِلَتْ مِنْ سوءٍ ﴾ :

واتە خودا قادرەو تەوانایە بەسەر هەموو جەزایێکدا لە چاکەو خراپە لەو رۆژەدا کە هەموو نەفسێکی موکەللەف دەستی ئەکەوێ بە حازرو دیاری لە لایا ئەوەی کردوویەتی لە دنیادا لە خێرو لە شەڕو لە ئیحسانو لە عیصیان ٠

﴿ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَها وبَيْنَهُ أَمداً بَعِيداً ﴾ :

کە هەموو نەفسێکی خاوەن خراپەو کردەوەی نابار حەز ئەکا کە لە بەینی ئەوو ئەو رۆژەدا وە یا لە بەینی ئەوو ئەو

کردەوە خراپانەدا ماوەو زەمانێکی زۆر دوورو درێژ ببوایێو قەت چاوی نەکەوتایێ بە دەفتەری کردەوەکانیو نەگەیشتایێ بەو رۆژە کە حسێبی کردەوەی تێدا ئەکرێ ٠

﴿ وَيُحَذِّرُكُمُ اللهُ نَفْسَهُ ﴾ :

جا هەر لە ئیستەوە کە مەجالی گەڕانەوەتان هەیە بۆ لای خوداو هەلی کردنی کردەوەی باشتان هەیە خودا ئێوە ئەترسێنێ لە عەزابی خۆی با بزانن ٠

﴿ واللهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبادِ ﴾ : (٣٠)

بە راستی خودا میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی کە لە ماوەی دنیادا ئاگاداریان ئەکاتەوە لە حسێبی پاشەڕۆژ ، وە یاخود میهرەبانە لە گەڵیانا کە هەر لەم دنیادا حەقی ئەووەڵو ئاخریان لێ ناسێنێ ٠

فەرموودەی خودا : (قل : ان کنتم ٠٠ الآیة)

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو مونذیر ریوایەتیان کردووە لە شێخ حەسەنی بەصرییەوە فەرموویەتی : چەن کەسێ لە زەمانی حەزرەتا (د) ئیددیعایان ئەکردو ئەیانوت : ئێمە خودامان خۆش ئەوێو مەحەببەتی خودامان هەیە ، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکرد ٠

﴿ قُلْ : اِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ ﴾ :

تۆ پێیان بڵێ ـ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ـ : ئەگــــەر ئێوە بە ڕاستی خوداتان خۆش دەوێ دەی بکەونە شوێنی من لــە بیرو باوەڕو ڕەفتارو وتارا وە لە خووو ڕەوشــــتا ؛ چونکـــــی خودای عالەم پێغەمەری کردووە بە ڕابیطەی بەینی خــــــۆیو بەندەکانی وە بە بێ پەیوەندی ئەو وە بە بێ تابیع بوون بــــــە ڕێگەی ئەو پەیوەندیو مەحەببەتی خودا پەیدا نابێ ٠

جا کاتێ ئێوە پەیڕەوی منتان کرد ئەوسا لە باتی ئەوە کــە ئێوە خوداتان خۆش بوێ خودا ئێوەی خۆش ئەوێ ٠ وە لەوەدا کە ئێوە خوداتان خۆشگەرەك بێ سوودێ نادەن بە خودا ٠ بــــەڵام لەوەدا کە خودا ئێوەی خۆشگەرەکە هەزاران سوودی هەردوو دونیاتان دەستئەکەوێ : لای کەمی سوودەکانی دنیاتان ئەوەیــە کە هەمیشە دڵتان ڕووناك ئەبێ بە میهرەبانی خــودا ٠ وە لای کەمی سوودەکانی قیامەت ئەوەیە لە کاتی حەشرا نووری ئیسلام بۆتان ئەبێ بە چرا لە لای ڕاستو چەپەوەو لە پێش دەمتانــەوە ئەگرێو ڕێگەی خۆتان بە جوانی ئەزانن ٠

﴿ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ :

وە کاتێ خودا ئێوەی خۆشویســـت تەوفیقتان ئــەدا بـــۆ ڕووکردن لە خودا جا خودا هەموو تاوانەکانتان دائەپۆشێ ٠

﴿ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ : (٣١)

چونکی بە ڕاستی خودا تاوانپۆشو میهرەبانە ٠

وە بازێ تر لە موفەسسیرەکان فەرموویانە : هۆی هاتنــــە خوارەوەی ئەو ئایەتە ئەمەبوو کە جوولەکەکان داوای ئەوەیان

ئەکرد ئێمە موحیببی خوداین‌و خودامان خۆش ئەوێ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردو فەرمووی : ئەگەر خوداتان خۆش ئەوێ تابیعی من بن‌و بە فەرمانی من رەفتار بکەن ئەگەرنا داوای مەحەببەتی خودا بە بێ ئیتتیباعی حەق سوودی نیەو ئەم فەرموودە موناسبە بۆ ئەم ئایەتەیش کە ئەفەرموێت :

﴿ قُلْ : أَطِيعُوا اللهَ والرَّسُولَ فَاِنْ تَوَلَّوْا فَاِنَّ اللهَ لا يُحِبُّ الكافِرِينَ ﴾ : (٣٢)

واتە ، تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو جوولەکانە : فەرمانبەرداری خودا بکەن‌و فەرمانبەرداری پێغەمەری خودا بکەن • جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە بەجێ‌هێنانی ئەم ئەمرە کە ئیطاعەی خوداو ئیطاعەی پێغەمەری خودایە بزانە ئەوانە خودا خۆشی ناوێن ؛ چونکی بە هۆی بێ ئیطاعەیی خوداو پێغەمەری خوداوەو موبالات نەکردن بە فەرمانی ئەوان کافر ئەبن‌و خودایش بە قەطعی کافرەکانی خۆش ناوێ •

فەرموودەی خودای تەعالا : (ان الله اصطفى آدم••الآية)

(شيخ الاسلام مفتي ابو السعود) لە تەفسیرەکەیا بۆ وەجهی موناسەبەی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتە پێشووەکانا فەرموویەتی : کاتێ خودای تەعالا بەیانی ئەوەی کرد (ان الدين عند الله الاسلام) وە باسی ئەوەی کرد کە ئیختیلافی ئەهلی کیتابین ، یانی جوولەکەو گاور وەکەتمی نیشانەی ریسالەتی پێغەمەر (د) هەر لەبەر بەغی‌و حەسوودی بوو وە هەر کەسێ لە سەر عەنادو فەساد بێ ناگا بە ئەنجامی خێر ، وە بەختیاری‌و گەیشتن بە رەزای خوداو بە رەحمەتی ئەو بەسراوە بە پەیرەوی

پێغەمەرەوە (د) ۰۰۰ دەستی کرد بە بەیانی ئیسباتی ریسالەتو گەورەیی حەزرەت (د) بەمە کە محەمـــەد (د) لە خانەدانـــی ریسالەتی قەدیمەو لە ئەولادی ئیبراهیمە بەم جۆرە لە سەرەوە هێنای باسی ئیختیارو هەڵبژاردنی پێغەمەرەکانی کرد لــــە : (ئادەم)و (نوح)و (ئالی ئیبراهیم)و (ئالی عیمران)وە باسی مەبدەئی دروستکردنی عیسای کرد ، وە چلۆن ئادەمیزادی بانگ کرد بۆ دینی حەق لەبەر ئەوە حەق دەربکەوێو هەموو عاقڵـــێ تێبگا ئەم ئیفراطو تەفریطی جوولەکەو گاورە درۆو ئیفسادەو حەق هەر ئەوەیە کە حەزرەتی محەمەد لە سەریەتیو لەسەر یاسای (سنة الله) ئەبێ حەق جێگەی خۆی بگرێو ناخودا بە داخــەوە بمرێو فەرمووی :

﴿ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيـــمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ﴾ : (٣٣)

واتە : بە راستی خودای تەعالا هەر بە فەزڵی خۆی ئادەمو نووحو ئالی ئیبراهیمو ئالی عیمرانی هەڵبژاردووە لەسەر عالەمی ئادەمیزادی زەمانی خۆیان ۰

زاناکان فەرموویانە : مەبەس لە (ئالیئیبراهیم) ئیسماعیلو ئیسحاقو حەزرەتی (محمد المصطفى)و یەعقووبو ئەسباطەو ، مەبەس لە (ئالی عیمران) حەزرەتی مەریەمو حەزرەتی عیسایە۰

جا بینا لەسەر ئەم تەفسیرە هەرچەند ئالی ئیبراهیم هەمـــوو زورڕییەتی ئەو ئەگرێتەوەو ئالی عیمران داخڵی ئەوانن ۰۰ بەڵام لەبەر ئەوە کە عیسا هەر لە جانیبی دایکەوە ئەگات بە ئیبراهیم

(د) وه باوکی نەبووه بە تایبەتی باسی کردووه بۆ ئیسباتـــی شەرەفی ئەو ٠

وه بازێ فەرموویانە : مەبەس لە عیمران باوکی حەزرەتی مووساو هاروون وه نەتەوەی ئەمانەیە لە صالحانو پیاوو ژنـــە باشەکانیان ٠

بە هەرحاڵ ئەم زاتانە هەڵبژێـراوی خودان لـــە ناو ئادەمیزادی زەمانی خۆیانا بە میهرەبانی خۆی ؛ چونکی پایەی نووبووەتو ریسالەت لە مەواهیبو بەخششی خودایەو نەبەسراوه بە تێکۆشینی بەندەو قابیلیاتی زاتییەوه ٠

لە تەفسیری قورطوبیدا ئەفەرموێت : خودا ئیختیاری ئادەمی کردووه بە پێنچ‌شت : بە دەستی قودرەتی خۆی بە بـــێ باوكو دایك دروستی کردووه ٠ ئەسمای هەموو شتێکـــی نیشان‌داوه ٠ ئەمری کردووه بە هەموو مەلائیکەکان سوجدەی تەشـــریفو ئیحتیرامی بۆ ببەن ٠ لە بەهەشتا دایینا ٠ کردی بە باوکی هەموو ئادەمیزاد ٠

وه حەزرەتی نووحیشی بە پێنج شت ئیختیار کردووه : یەکەم کردی بە باوکی دووهەمی هەموو ئادەمیزاد ٠ دووەم عومـــری درێـــژ کـــردو دیـــاره عومـــری درێژ لەگـــەڵ کـــردەوەی باشا مایەی پیرۆزی ئادەمیزادە ٠ ســـێهەم ئـــەو دۆعایـــە کـــردی لـــــە کـــافرەکـــان قوبووڵ کـــرا وه کافرەکانـــــی هەموو لەناو برد بە طۆفان ٠ چوارەم لـــە نـــاو کەشتیەکەدا پارازتی ٠ پێنجەم یەکەم کەسێ بوو کە شەریعەتـــی پێشووی نەسخ کردەوه ؛ چونکی لە پێش زەمانی ئەودا مارەبڕینی پوور

دروست بوو وه له دینی ئەودا حەرام کرا ·

وه ئیختیاری حەزرەتی ئیبراهیمی کرد به پێنج شـــت : یەکەم : کردی به باوکی پێغەمەرانی پاش خـــۆی · دووهەم : کردی به خەلیل بۆ خۆی · سێهەم : رزگاری کـــرد لـــه ئاگر · چوارەم : کردی بـــه ئیمام بـــۆ ئادەمیزاد · پێنجەم : خـــودا بەراوردی کرد به چەند کەلیماتو یارمەتی دا هـــەتا تەواوی کردن ·

وه ئەگەر مەبەس له عیمران باوکی حەزرەتی موســـاو هاروون بێ ئەوه خودا ئیختیاری کردوون به باراندنی (من)و (سلوی) ، واته (گەزۆ)و پەلەوەری (شەلاقه) ، وه ئەمـــه نەبووه بۆ هیچ پێغەمەرێ · وه ئەگەر مەبەس باوکی مەریەم بێ ئەوه خودا ئیختیاری مەریەمی کرد بۆ ئەوه که عیسا تەوەلودی ببێ لێی بەبێ باوك وه ئەمەیش له پاش حەزرەتی ئادەم بۆ کەس نەبووه ·

وه موناسبه بزانن که عیمران باوکی حەزرەتی موسا (د) کـــوڕی (یصهر)ی کـــوڕی (قاهث) کـــوڕی (لاوی) کـــوڕی (یعقوب)ه · بەلام عیمران باوکی مەریەم (د) کوڕی (ماثان) کوڕی (معازار) کوڕی (أبی یـــرد) کوڕی (یـــوزن) کوڕی (زر بابل) کوڕی (سالیان) کوڕی (یوحنا) کوڕی (اوشیا) کوڕی (آمون) کوڕی (منشکن) کوڕی (حازقا) کوڕی (ئاخاز) کوڕی (یوتام) کـــوڕی (عوزریا) کـــوڕی (بورام) کـــوڕی (ساقط) کوڕی (ایشا) کوڕی (راحبعیم) کوڕی (سـلیمان)

کوڕی (داود) کوڕی (ایشی) کوڕی (عوبد) کوڕی (سلمون) کوڕی (یاعز) کوڕی (نحشـــون) ، کوڕی (عمیاد) کوڕی (حصروم) کوڕی (فارص) کوڕی (یهودا) کوڕی (یعقوب)• (د) وه له بهینی ئهو دوو عیمرانهدا ههزارو ههشتصهد ســاڵ بووه •

﴿ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ : (٣٤)

واته : حاڵی ئهم ناوبراوانه وایه که کۆمهڵێکن ههموو لـه ئهصڵێکهوه هاتوون وهکوو ئادهم بێ ، یا له ئهسڵێکهوه وهکـوو نووح بێ ، یا له ئهسڵێکهوه وهکوو ئیبراهیم بێ (د) که بازێکیان له صینفو له طهبیعهتی بازێکیانه له دینداریو خوداپـهرستیو رهوشتی باشا ، وه خودای تهعالایش رازی ههموویانی بیستووهو نیازی ههموویانی زانیوه • وه خودای تهعالا ئیختیاری ئالـــی عیمرانی کرد •

﴿ إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ ﴾ :

لهو کاتهدا که حهرهمی عیمران وتی :

﴿ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا ﴾ :

ئهی پهروهردگاری عالهم به راستی وا من نهزرم کرد ئـهو بهچکهیه وا له سکمدا ، واته له منداڵدانمـا بــه ئازادکراویو دانراو بۆ خزمهتکردنی (بيت المقدس) •

﴿ فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ : (٣٥)

ذەی بە میهرەبانی خۆت لێم وەربگرەو قوبووڵی بکە ، بە راستی تۆ بیسەری سکاڵای‌و زانای بە حاڵی ئەو کەسانە کە پەنات بۆ دێنن • وە ئەم ژنی عیمرانە ناوی (حەننە) بوو کچی (فاقوذ) ، وە خوشکێکیشی بو ناوی (ایشاع) بوو شووی کردبوو بە حەزرەتی (زکریا) ـدـ •

جا ئەم حەننە منداڵی نەدەبوو زۆر ئارەزووی منداڵی ئەکرد ، رۆژێ لە سێبەری دارێکدا بوو چاوی کەوت بە پەلەوەرێ خواردەمەنی ئەخستە ناو دەمی بەچکەکەیەوە ، لەو کاتەدا نەفسی حەننە کەوتە ئیشتیاق‌و ئارەزووەوە . بە سۆزی دڵ پاڕایەوە لە خودا کە منداڵێکی پێ بدا • لەگەڵ ئەوەدا کە پیر بوو بە ئەمری خودا حەملی پەیدا بوو • وە کاتێ زانی کە حامیلیەیە ئەو نەزرەی کردو لەو زەمانەدا لە شەریعەتی ئەوانا دروست بوو یەکێ نەزری ئەولادی نێرینە بکا بۆ خزمەتی مزگەوتی (بيت المقدس) ئەو منداڵەیش لە کاتی تەمیزەوە تا باڵغ ئەبوو خزمەتی ئەکردو لە پاش ئەوە باڵغ بوو بە ئارەزووی خۆی ئەبوو : مەیلی لەسەر دەرچوون بوایێ دەرئەچوو . وە مەیلی لەسەر ئەوە بوایێ بمێنێتەوە ئەمایەوە •

﴿ فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ : رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى ﴾ :

کاتێ کە حەننە سکەکەی داناو زانی بەوە کە کچە بانگی کرد لە خودای خۆی : ئەی پەروەردگاری من بە راستی من ئەو زاتەی لە سکما بوو دامنا بە شێوەی مێیە •

﴿ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ ﴾ :

وه له بەر ئەوه كه حەسرەتمەند بوو ئەم بانگەی کــــرد ، ئەگەرنا خودای تەعالا زاناتره له و بەوەی کچه ٠

﴿ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنْثَى ﴾ :

ئەی خودایا خۆت ئەیزانی که نێرینه وەکوو مێیینه نیەو ئەو خزمەتانەی به نێرینه ئەکرێ به مێینه ناکرێ ٠

﴿ وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ ﴾ :

وه به راستی لەسەر وەفا به نەزرەکەی خۆم ناوم نا بـــه (مەریەم) یانی عابیده یا خادیمەی جێگەی موبارەك ٠

﴿ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِـــنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ : (٣٦)

وه به راستی من ئەم کچەو نەتەوەی ئەم کچه ئەهاوەمــــه پەنای میهرەبانیو تەواناییی تۆ له دەس‌بۆبردنو زیان‌لێدان لـــه له لایەنی ئیبلیسی دەرکراوەوه که نه خۆیو نه نەتەوەی نەتوانێ ئیلقـــای وەسوەسەی ناهـــــەموار بکەنه دڵــــی مەریەمو دڵـــی نەتەوەیەوه ٠

﴿ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ ﴾ :

جا خودای تەعالا لەسەر میهرەبانی خۆیو زانایی بــــه ئیخلاصو سۆزی دڵی حەننه مەریەمی وەرگرت به وەرگرتنێکی جوانو کردی به نموونەیێ بۆ تەواناییو میهرەبانی خـــــۆیو کردی به دایکی یەکێ له پێغەمەره (اولوا العزم)ەکان وەکــوو

عیسا بە بێ ئەوە عەلاقەی زیواج‌و تێکەڵی پیاو دەستی ببێ لە بوونی ئەو کوڕە ناودارە بەختیارەدا ·

﴿ وأ نْبَتَها نَباتاً حَسَناً ﴾ :

وە رواندی‌و نواندی بە عالەمی (بیت المقدس) لە پاکی‌و دڵڕووناکی‌و خووو رەوشت‌چاکی‌و چالاکی لە خزمەتی (بیت المقدس)دا ·

وە لە تەفسیری (بەیضاوی)دا ئەفەرموێت : لە جوملەی قەبووڵی جوان بوو بۆ مەریەم (د) ئەمە کە خودا وەری گرت لە باتی نێرینە بۆ خزمەتی (بیت المقدس) · جا ئەم فەرموودەیە کە بەیضاوی ئەیفەرموێت مەعنای وایە خودای تەعالا وەحی کردووە بۆ پێغەمەری ئەو زەمانە کە زەکەرییا بووە بەوە کە مەریەمی کچی عیمرانی قەبووڵ کردووە بۆ خزمەتی (بیت المقدس) بە تایبەتی ، ئەگەرچی لە شەرعی ئەو رۆژەدا هەر نەزری نێرینە دروست بووە بۆ ئەو خزمەتانە · وە تەئیدی ئەمە ئەکا کە حەزرەتی زەکەرییا کەفالەتی مەریەمی کرد لە منداڵیدا ·

لە تەفسیری قورطوبیدا ئەڵێ : هێشتا مەریەم لە دایك نەبووبوو عیمرانی باوکی وەفاتی کرد ، وە لە پاش وەضعی حەملی حەننە هەستا مەریەمی پێچا لە بەرگێکەوەو فڕەیدا لە (بیت المقدس)دا لە بەردەمی ئەحباری (بیت المقدس) ، وە لەبەر ئەوە کە مەریەم کچی عیمران بوو و ، عیمران لە نەتەوەی ملووکی بەنی ئیسرائیل‌و موحتەرەم بوو هەرکام لەو ئەحبارانە

ئەیویست خۆی مەریەم بەخێو بکاو بوو بە موونافەسەیان لەسەر ئەم کارە . بۆ دەفعی ئەو موونافەسەیە بە یاسای ئەو رۆژە رۆیشتنە سەر جۆباریٚو بڕیاریان دا ئەو قەڵەمە کە کیتابی موقەددەسی پێ دەنووسنەوە دایکوتن بە ئاوی جۆگەکەداو هەر کەسێ لەوان قەڵەمەکەی لەسەر ئاوەکە مایەوە ئەویانە مەریەم هەڵبگرێ .. لە پاش ئەم موقارەعە زەکەرییا ناجیح بوو و کەفالەتی مەریەمی کرد وەکوو خودای تەعالا فەرموویەتی :

﴿ وكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا ﴾ :

واتە : زەکەرییا لەبەر ئەوە کە پێغەمەری ئەو زەمانە بوو و ئەمانەت لە خانەدانی نوبووەتدا زۆرترەو (ئیشاع)ی خوشکی حەننە ـ پووری مەریەم ـ حەرەمی زەکەرییا بوو خودا مەریەمی دایە دەستی زەکەریا ، هەتا لەبەر چاوی ئەم رەهبەرەداو لەبەر چاودێری پووری خۆیا بە پاکیو دڵڕووناکی مەریەم دەوام بکا .

بەڵام من بە بڕوای خۆم لە لام وایە ئەم موونافەسەو موقارەعە لەو کاتەدا نەبووە کە مەریەم مەلۆتکە بووە ؛ چونکی زۆر دوورە لە میهرەبانی دایکەوە ـ بە تایبەتی دایکی مەریەم کچی عیمران ـ لەو خانەدانەدا ئەم منداڵە لەو حاڵەدا بهاوێتە بەردەستی ئەحباری (بيت المقدس) . وە ئەبێ ئەم وەزعە لە پاش ئەوە بووبێ کە مەریەم گەیشتووەتە ئەندازەی تەمییزو تەوانایی لەسەر خزمەتکردنی (بيت المقدس) ، جا خودای تەعالا لەبەر میهرەبانی بەو خانەدانە زەکەریای ناجیح کردو مەریەمی خستە بەردەستی ئەو .

ریوایەتکراوە : پاش ئەوە مەریەم گەیشتە حەددی موراهەقە حەزرەتی زەکەریا میحرابێکی دروستکرد لە (بیت المقدس)دا بۆ مەریەم (میحراب هۆدەی تایبەتی عیبادەتخانەیە) کە لە پاش ئەوە لە خزمەتی (بیت المقدس) رزگار ئەبوو ئەڕۆیشتە ناو میحرابەکەی خۆیەوە وە مەشغوول ئەبوو بە عیبادەتکردنو . حەزرەتی زەکەریایش جارجار ئەڕۆیشتە هۆدەکەوەو لە ئەحواڵی ئەپرسیو ئەوزاعی قودسیەتی مەریەمی حاڵی ئەبوو وەکوو خودا فەرموویەتی :

﴿ كُلَّما دَخَلَ عَلَيْها زَكَرِيَّا المِحْراب وَجَدَ عِنْدها رِزْقاً ﴾ :

هەمیشە هەرکاتێ کە زەکەریا ئەرۆیشتە ئەو میحرابەو تەماشای ئەکرد رزقو رۆزییەکی موناسبی باشی چاو پێ ئەکەوت تیایا • مەشهوورە کە میوەی هاوینەی لە زستانا چاوپێئەکەوتو خواردەمەنی زستانەی لە هاوینا ئەبینی •

﴿ قال : يا مَرْيَمْ أَنَّى لَكِ هذا ؟ قالَتْ : هُوَ مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾

جا کە حەزرەتی زەکەریا سەری سوڕئەما لەو حاڵە پرسیاری ئەکردو ئەیفەرموو : ئەی مەریەم چۆنو لەکوێوە ئەم رزقو رۆزییەت بۆ دێ ؟ ئەویش عەرزی ئەکرد : ئەمانە لە لایەنی خوداوە حەواڵەئەکرێنو پرسیار لە چلۆنی بوونو نەبوونی رزقی خودایی ناکرێ •

﴿ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ : (٣٧)

به راستی خودای تەعالا رۆزی ئەدا به هەرکەسێ خواستی لێ بێ ، بەبێ چاوەڕێیو ئومیدەواری ئەو کەسەو ئاگاداری ئەو ٠

رزق‌و رۆزی بۆ هەتیوی رووت‌و قووت
کێیه بیدا غەیری حەییی لایەمووت ؟
خۆی سەبەبسازە لە بۆ بێ دەست‌و کەس
زەردەواڵە دیل ئەکا بۆ عەنکەبووت
پێرە دەو بۆ رزقی پاکی خۆت ، وەلێ
دەرمەچۆ شەو بۆ دزی یا راوو رووت
رزقی تۆ بۆ تۆیه بۆ کەس ناخورێ
بۆ بە ناحەق وا ئەڕێژی ئاوی رووت
بەچکە کوردی (شێخ سمایلی) ژیانـد
شیری سەرمەمکەی دەمووکەی داری رووت
ناوی (قۆچالی)(*) بوو ئەو رۆڵە کەوا
شیری پاکی بزنی کۆڵ بۆی بوو بە قووت

(*) (شێخ سمایلی) و (قۆچالی) مەبەست دوو رووداوی سەیرە ، یەکەمیان : کۆمەڵێکی شێخ سمایلی لە کاتی شەڕو هەرایەکدا رەو دەکەن‌و دەڕۆن بە رێوە دەبن زنێك دوو منداڵی دەبێ ، دوو منداڵەکەیان پێ بەخێو ناکرێ ، باوکیان یەکێکیان دەخاتە کولۆری دارێکەوەو بەجێی دێڵێ ٠ کە شەڕو هەراکە

شـانو قۆڵت تـا هـەیـە هـەوڵێ بـــدە
تاقە حاتەم تۆش لەگەڵ ئەو بە بـــە جووت

تەواو دەبێت دەگەڕێنەوەو بەو ڕێگەدا تێدەپەڕنەوە ، کابـرای باوکی منداڵ دەڵێ با سەرێ بدەم لە کولۆرە دارەکە بزانم چـی بەسەرهاتووە ؟ کە دەچێ دەبینێ منالێکی ســـاوا لە کولۆرە دارەکەدایەو ئەو ماوە بە شیری (دەمووکە) دار ژیاوە !

دووەم : لەو گوێ چەمی باوەجانی‌یە لافـــاوێکی گـەورە هەڵدەسێو چەند ماڵو بەرە وێران دەکاو زەلام ئاو دەیبات ، لە ناو ئەو کارەساتەدا بێشکەیەك بە منداڵێکەوە بەر لافاوی ئـــاو دەکەوێت . ئاو بێشکە دائەماڵێو ئەیبات تا ماوەیەکی زۆر دوایی بە لقی بییەکەوە ئەگیرسێتەوە . بزنێکی کۆڵ فێر دەبێ هەمـوو ڕۆژێ ئەچێتە لای بێشکەکەو خۆی شۆڕ دەکاتەوە بەســـەریاو منالەکە تێر گوانەکانی دەمژێ تا تێر دەخوات • ماڵـــی خاوەن بزن لە شوانەکە دەکەونە گومانو دەڵێن : تۆ بزنەکە دەدۆشـــی بۆیە هەموو ڕۆژێ گوانی خاڵی‌یە ، شوانەیش ناچێتە ژێر ئەو باسەو ئاگای لە هیچ نیە . تا کابرای خاوەن ماڵ دەکەوێتـــــە پەیجۆری بابەکەو دوورو نزیك شوێن بزنەکە دەکەوێت تـــا دەگاتە گوێ‌چەمەکە دەبینێ بزنەکە دائەپەڕێت بۆ گوێ چەمەکە ، وەختێ سەرنج دەدا ئەو ڕووداوە سەیرە دەبینێو منالەکـــــە دێنێتەوەو . منالە گەورە دەبێتو دەبێتە پیاوو خاوەنی منداڵو نەوە . نەوەی کابرا گۆشتی بزنی کۆڵ لە خۆیـان حـــــەرام دەکەن •

بێ حسێبە رزقی ئەو بۆ گیان‌لەبەر
بەحرو بەڕڕو ئاسمانە کانی قووت
بەس ئەتۆیش تا هێزی هەستانت هەیە
هەستە خۆت مەمرێنە وەك رێوی سکووت
حەولی تۆ فەرزە ئەگەرنا هەر خودا
رازیقە بۆ پادشاو بۆ پیاوی پووت

★ ★ ★

﴿ هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ : رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ ﴾:(٣٨)

جا لەو شوێنەدا کە زەکەریا (د) ئەو وەزعە (خارق العادة)یە بە چاو بینی کە خودا دەرحەق بە مەریەم کردوویەتی ئەویش ئومێدی بە خودا زۆرتر قایم‌بوو و دڵی هاتەسەر پاڕانەوە لە خوداو پاڕایەوە لە خودای خۆی‌و فەرمووی : ئەی پەروەردگاری تەوانا لەسەر عالەم پێم ببەخشە لەلایەنی خۆتەوەو بە کەرەمی خۆت کوڕێکی پاك سیرەت‌و چاك سوورەت ، بە راستی تۆ دۆعاو نیازی نیازمەندان ئەبیسی ٠

﴿ فَنَادَتْهُ الْمَلَئِكَةُ ﴾ :

لەویا بانگی لێ‌کرد یەکێ لە فریشتەکان کە جوبرائیل بوو بە فەرمانی خودا ٠

﴿ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ ﴾ :

وەلحاڵ کە زەکەریا لەو کاتەدا راوەستابوو لە میحرابەکەدا

نوێژی ئەکرد .

﴿ أَنَّ اللهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيى ﴾ :

کە خودای تەعالا موژدەت پـێ ئەدا بـە پەیدابـوون و لەدایك بوونی کوڕێکی یەحیا ناو .

﴿ مُصَدِّقاً بِكَلِمَةٍ مِنَ اللهِ ﴾ :

کە حاڵی وەهایە تەصدیق و باوەڕی هەیە بەو زاتە وەکوو عیسابێ بە کەلیمەی (کن فیکون) لە لایەنی پەروەردگـاری جیهانەوە هاتووەتە دنیاوە .

﴿ وسَيِّداً ﴾ :

وە گەورەی ئوممەتی خوداناسە .

﴿ وَحَصُوراً ﴾ :

زۆر مەنعی نەفسی خۆی ئەکا لە ئارەزووی عادەتی .

﴿ ونَبِيّاً مِنَ الصَّالِحِينَ ﴾ : (٣٩)

وە پێغەمەرێکی پایەبەرزەو لـە جەماعەتـی پێغەمەرە رەهبەرە بۆ خودا صوڵحاوەکانە .

﴿ قالَ : رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وقَدْ بَلَغَنِيَ الكِبَرُ وامْرَأَتِي عاقِرٌ ؟ قال : كَذَلِكَ اللهُ يَفْعَلُ ما يَشاءُ ﴾ : (٤٠)

حەزرەتی زەکەریا (د) فەرمووی : ئەی خودای من چلۆن ئەگونجێ کە من کوڕم ببێ وەلحـاڵ پـیری و فەرتووتـی و

کەمشەهوەتی گەییوە بە من ؟ لەگـــەڵ ئـەمەدا ژنەکەیشـــم نەزۆکەو پیریش بووە ! خودایش فەرمووی : ئەی زەکەریا کار وەهایە کە پێم وتی ، وە بڕیارم داوە کوڕتان ببـــێو ئـــەم مەرجانە کە هەن لە ناودا لەسەر عادەتن ئەگەرنا خودای تەعالا خواستی لەسەر هەرچی ببێ ئەیکا ·

﴿ قالَ : رَبِّ اجْعَلْ لي آيَةً ﴾ :

جا زەکەریا فەرمووی : خودایا کە تۆ بە خەرقی عادەت کوڕم پێ ئەدەی نیشانەییکی خاریق بۆ عادەتم نیشانبدە هەتا دڵم لە خەیاڵات بکەوێو بزانم کوڕەکە وا بەڕێوە ·

﴿ قالَ : آيَتُكَ أَنْ لا تُكَلِّمَ النَّاس ثَلَثَةَ أَيَّـــامٍ إلا رَمْزاً ﴾ :

فەرمووی : نیشانەکەت ئەوەیە لەو کاتەدا منداڵەکە لـــە سکی دایکیا دامەزرا تۆ حاڵێکت دێبەسەرا هـــەتا ســـێ ڕۆژ زمانت ئەبەسرێ لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکا بە ئیشارەت نەبـێ کە خەڵکی پێ تێ بگا ·

﴿ واذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيراً ﴾ :

بەڵام بۆ زیکری خودا زمانت بەرەڵایە ، دەیبڕۆ لەو کاتی حەبسی زمانەدا هەر زیکری خودا بکە بە بێ ژمارە ·

﴿ وسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ والإِبْكارِ ﴾ : (٤١)

وە سوبحانەڵڵا بکە لە پاش هەموو عەسرێ وە لە کاتـــی هەموو بەرەبەیانێکا ·

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی پاڕانەوەی زەکەریـــای کرد (د) لە دەرکی کەراماتی مەریەم (د) گەڕایەوە بـۆ باسی مەریەمو فەرمووی :

﴿ وإذْ قالَتِ المَلٰئِكَةُ : يا مَرْيَمُ إنَّ اللهَ اصْطَفيكِ وطَهَّرَكِ واصْطَفيكِ علَى نِساءِ الْعالَمِينَ ﴾ : (٤٢)

وە باسی ئەوە بکە ئەی پێغەمەری خۆشەویست کە خودای تەعالا فریشتەی نارد ـ یانی جوبرائیلی ئەمین ـ وە رووبەڕوو قسەی لەگەڵا کرد بە شێوەی (خرق العادة)و فەرمووی : ئـەی مەریەم بە راستی خوای تەعالا تۆی هەڵبژارد بەوە کە قەبووڵی کردی بۆ خزمەتی (بيت المقدس) (مع انه) ژن وەرنەگیراوە بۆ خزمەتی ئەو مەقامەو پاكو بێ عەلاقەی کردووی لە عادەتی ژنانە کە خوێنی حەیزو زەیسانیو خوێنی نەخۆشینە ، وە زیاد لەوانە هەڵیبژاردی بۆ ئەوە بتکا بە دایکی یەکێ لە پێغەمەرانی (أولو العزم) وەکوو عیسا بێ بە بێ ئەوە کە پەیوەندیت ببێ بە مێردەوە وەکوو ژنانی دنیا ٠

بزانن ! هەرچەند زاهیری ئایەتەکە ئەفەرموێت (مەلائیکە) قسەی کرد لەگەڵ مەریەمدا (د) بەڵام موفەسیرەکان تەفسیریان بە جوبرەئیل کردووەتـــەوە وەکوو لـــە سوورەی مەریەمـــدا ئەفەرموێت : (فأرسلنا اليها روحنا فتمثل لها بشرا سويا) وە ئەم حادیثە بە کەرامەتی مەریەم حسێب ئەکرێ ؛ چونکی مەریەم (نەبی) نەبووە ٠ خودا ئەفەرموێت : (وما ارسلنا قبلك الا رجالا نوحي اليهم) کەوابێ ئەگەر جوبرەئیل بە صوورەتـــی

ئادەمیزاد راوەستابێ قسەی لەگەڵا کردبێ یاخود بە شێوەی ئیلهام ئەم مەقسوودە گەیشتبێ بە مەریەم وەکوو ئەوە خودا فەرموویەتی (وأوحينا الى أم موسى) ئەبێ بە کەرامەت حسێب بکرێ ٠

جا وەکوو جوبرەئیل پێی فەرموو : (يا مريم ان الله اصطفيك) هەروا لە لایەنی خوداوە پێی فەرموو :

﴿ يا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ واسْجُدِي وارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾ : (٤٣)

ئەی مەریەم عیبادەت بکە بۆ خودای خۆتو طوول بدە بە راوەستان لە نوێژەکەتاو سوجدە ببە ، تەختی تەوێڵت لەسەر عەرز دانێو روکووع ببەو دانەوەرەوە لە راوەستان لەگەڵ ئەوانەدا کە روکووع ئەبەن بۆ خودای تەعالاو کاتێ فریشتەی ئەمین ئەمەی پێ فەرموو ئیتر ئەوەندە رائەوەستا لە نوێژا هەتاکوو پێی ئاوسان لەبەر بەجێهێنانی ئیطاعەی خودای تەعالا ٠

﴿ ذلِكَ مِن أَنْباءِ الغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەمەی کە بۆمان بەیانکردی لە سەرگوزەشتەی حەننەی حەرەمی عیمرانو ، لەدایكبوونی مەریەمو ، کەفالەتی زەکەریا (د)و ، دۆعاکردنی ئەویش بۆ ئەولاد تا ئاخر ٠٠ هەموو لە ئیخباریغەیبو داپۆشراون لە تۆ ، نە بیستووتنو نە خوێندووتن ، بەڵام بە جوبرەئیلی ئەمینا گەیاندمان بە تۆ بۆ ئاگاداریت لەسەر حەقایق ٠

﴿ وما كُنْتَ لَدَيْهِمْ اذْ يُلْقُون أقلامَهُمْ أيُهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وما كُنْتَ لَدَيْهِمْ اِذْ يَخْتَصِمُون ﴾ : (٤٤)

وه تۆ له لای ئەحباری بەنی ئیسرائیلی نەبووی لەو کاتەدا که هاتن بەیەکاو هەر کام بۆ خۆی داوای بەخێوکردنی مەریەمی ئەکردو قەڵەمەکانیان فڕە ئەدا بۆ سەر جۆبارەکە هەتا بزانن قورعە بۆ کامیان دەرئەچێ‌و کامیان کەفالەتی مەریەم ئەکەن‌و کامیان بەخێوی ئەکەن ·

﴿ اِذْ قالَتِ المَلئِكَةُ : يا مَرْيَمُ اِنَّ اللهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِنْهُ اسْمُهُ المَسِيح عِيسى ابْنُ مَرْيَمَ ﴾ :

وه باسی ئەو کاته بکه ئەی پێغەمەری خۆشەویست که جوبرەئیلی ئەمین لەو کاتەدا فەرمووی به مەریەم : ئەی مەریەم خودای تەعالا موژدەت پێ ئەدا به کوڕێکی جوانی جوانمەرد که له تۆ ئەبێ به ئەمری تایبەتی به کەلیمەی (کن فیکون) له لایەنی ئەوەوەو ناوی به لەقەب‌و نازناو (مسیح)ه ؛ چونکه دڵی ساف‌و پاکه له پەیوەندی دنیای خراپ‌و ناوی عەلەمی (عیسا) یەو به پەیوەندی به ئەسڵەوە ئیبن‌ومەریەمه لەبەر ئەوه که لەو دایکه بووه ، که پاکه له هەموو عەلاقەی زیواج ·

﴿ وجِيهاً في الدُّنْيا والآخِرةِ ومِن المُقَرَّبِين ﴾ : (٤٥)

وه حاڵی ئەو کوڕە وەهایه که بڕیارمان داوه خاوەن ڕووو پایەبەرز بێ له دنیادا به نیشانەی پێغەمەری‌و ئامۆژگاری

ئادەمیزادو لە پاشەڕۆژا بە شەفاعەتو تکاکردن بۆ تاوانباران •

﴿ ويُكَلِّمُ النَّاسَ في المَهْدِ وكَهْلاً ومِنَ الصَّالِحِينَ ﴾ : (٤٦)

وە قسە ئەکا لەگەڵ خەڵکا لە بێشکەداو لە کاتێکیشا کە پیرو پێگەیشتووە لەو کاتەدا لە ئاسمان دێتەخوارەوە بۆ سەر عەرز ، وە لەو پیاوانەیە کە بۆ خودا رێككەوتوونو لەسەر فەرمانی ئەو ژیانی خۆیان تەواو ئەکەن ، وە یاخود لە سولالەو لە نەتەوەی پیاوە باشەکانە ؛ چونکی مەریەم لە نەتەوەی عیمرانو ئەویش لە نەتەوەی سولەیمانو داوود بووە •

وە خودای تەعالا لەبەر ئەوە باسی ئەوە ئەکا کە عیسا ماوەیێ منداڵو ماوەیێ پیرو تەواو بووە هەتا هەموو هۆشیارێ بزانێ ئەم زاتە بەندەیەکی خودایە وەکوو باقی ئادەمیزادو دوورە لە حاڵی ئولووهییەت : چونکە خودا دوورە لە ئەحواڵی بێ هێزیو موحتاج نیە بە گەورەبوونو پێگەیشتن وە بۆ هەرکەسێ ئینسافی ببێ ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە حەزرەتی عیسا ماوەو لە ئاخری زەمانا دێتەخوارەوە ؛ چونکی (کهل)کەسێکە تەمەنی نزیکی چل ساڵی بێو عیسا لە تەمەنی (٣٣) سیوسێ ساڵی گیرۆدەی جوولەکەکان بوو •

﴿ قالَتْ : رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ؟! ﴾ :

ئەویش فەرمووی : خودایا چلۆن قابیلە منداڵم لێببێ ، وەلحاڵ کە ئادەمیزاد بە پەیوەندی زیواج نەگەیشتووە بە من ؟!

﴿ قالَ : كَذلِكِ ﴾ :

خودای تەعالا فەرمووی : بڕیار وەهایە کە پێم‌وتی ٠

﴿ اللهُ يَخْلُقُ ما يَشاءُ ﴾ :

خودای تەعالا دروست ئەکا ئەوەی بیەوێ دروستی بکا ، وە ئەم شەرتی پەیوەندییە شەرتی یاسایە نەك حەقیقەت ٠

﴿ إِذا قَضَى أَمْراً فَإِنَّما يَقُولُ لَهُ : كُنْ ! فَيَكُونُ ﴾ : (٤٧)

خودای تەعالا کاتێ ویستی شتێ بکا هەر ئەوەندە پێویستە بەرابەر بەو شتە کە ئەیەوێ بیکا وە وا لە عیلمی خۆیا پێی بفەرموێت : ببە بە مەوجوودێکی واقیعی عەینی ، وە لەم وجوودە عیلمییەی رووتەدا مەمێنە ! ئەویش بە گورجی ئەبێ٠

﴿ وَيُعَلِّمُهُ الْكِتابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْراةَ وَالإِنْجِيلَ ﴾ : (٤٨)

جا خودای تەعالا بۆ دامەزراندنی دڵی مەریەم دەستی کرد بە باسی نیشانە بەرزەکانی ئەو کوڕە کە پێی ئەدا وە فەرمووی: خۆدا تەعلیمی ئەو کوڕە ئەکا جینسی ئەو کیتابانە کە لە زەمانە پێشووەکانا هاتوونەتە خوارەوە بۆ پێغەمەرەکانو بە ئیلقای رووحی مەعنای ئەو کتێبانەی پیشان ئەدا هەرچەند کە نەصصی ئەوانە لەسەر عەرزدا نەماون بە ساغیو بە تەواوی ٠ یاخود نووسینی نیشان ئەدا وەها کە باش خەت بنووسێ ٠ هەروا تەعلیمی ئومووری عەقلییەو ئەو حەقایقانە کە لەو رۆژەدا لەناو دنیادا دائیر بوون ئەوانەیشی هەر نیشان ئەدا . هەروا تەورات

کە نازڵ بووە بۆ سەر موسا نیشانی ئەدا • وە کیتابی خۆیشی کە ئینجیلە فێری ئەبێو بە تەواوی مەعناو مەغزاکەی حاڵی ئەکا •

خۆلاصە : مەعلووماتی عالەمی ئەوەی خودا ناردوویەتی بۆ رەهبەرەکان (د) وە ئەوە لەناو هۆشیارانو خوێندەوارانا هەیە هەمووی تەعلیم ئەکا بەو کوڕە کە عیسایە (د) ، وە ئەیشیکا بە پێغەمەر بۆ سەر بەنی ئیسرائیل •

﴿ ورَسُولاً إِلى بَني إِسْرائِيل أنِّي قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ انِّي أخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فانْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْراً بِإِذْنِ اللهِ ﴾ :

واتە : ئەو کوڕە ئەیشیکەین بە رەهبەرو فروستادە بۆ سەر ئوممەتی بەنی ئیسرائیل بۆ ئەوە کە بیانترسێنێ لە عەزابی خوداو موژدەیان پێبدا بە جەزای خێری نەبڕاوەی قیامەتو بە جۆرێ رەوانەی ئەکەم کە هێزی قودسیو قووەتی مەعنەوی پێ ئەدەم بۆ دەربڕینی موعجیزاتی خۆی لە ئادەمیزاد، وەها کە بڵێت بە قەومەکەی : من رەوانەکراوم بۆ لای ئێوەو هاتووم بۆ لاتان بە نیشانەیەکی گەورەی عالەمییەوە لە لایەنی پەروەردگاری ئێوەوە ، وە هاتووم بەو هێزە غەیبییە کە بە فەرمانی خودا ئەتوانم شتێکتان بۆ بکەم لە قوڕ لە شەکڵو شێوەی پەلەوەردا جا فووی پیادا ئەکەم ئەویش ئەبێ بە عەینی پەلەوەرێکی گیانلەبەری ساغ بە ئیذنو فەرمانی خودای تەعالا•

﴿ وأُبْرِيءُ الأَكْمَهَ والأبْرَصَ ﴾ :

وه كوێری سكوماو ئینسانی بەڵەك خۆش ئەكەمەوه ·

﴿ وأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللهِ ﴾ :

وه مردووەكان زیندوو ئەكەمەوه به ئیذنی خودا ·

﴿ وأُنَبِّئُكُمْ بِما تَأْكُلُونَ وما تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ ﴾ :

هەروا بەهۆی مێزدان بەدڵ له لایەنی خوداوه خەبەرتان پێ ئەدەم بەو خواردەمەنییه كه ئەیخۆن و بەو زرق و رۆزییه كه ئێوه دای ئەگرن له ماڵی خۆتان بۆ كاتی خۆی ·

﴿ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ : (٤٩)

جا به راستی مەیه لەم شتانەدا كه باسم كرد بۆتان دەلیل و نیشانه لەسەر گەورەیی خودای تەعالا بۆ ئێوه ئەگەر ئیمان و باوەڕتان ببێ سوودی لێوەرئەگرن ·

﴿ ومُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْراةِ ﴾ :

وه حاڵی ئەو فرستادەیه وایه كه باوەڕكردووه بەو كیتابه كه له پێش ئەودا هاتووه بۆ حەزرەتی موسا كه ئەویش تەوراته ·

﴿ ولأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ﴾ :

وه هاتووم بۆ لاتان بۆ ئەوه كه به ئیذنی خودا حەڵاڵ بكەم بۆ ئێوه بازێ لەو خواردەمەنییانه كه حەرامكراوه لەسەرتان له دینی حەزرەتی موسادا وەكوو پیوو گۆشتی وشترو ماسی و كاركردن له رۆژی شەممەدا ·

﴿ وجِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ فاتَقُوا اللهَ وأَطِيعُونِ ﴾ : (٥٠)
وە هاتووم بۆ لاتان لەگەڵ ئایەتێکدا لە لایەنی خوداوە ، دەی لە خوا بترسن‌و فەرمانبەرداریم بکەن ، وە ئایەتەکەیش ئەمەیە :
﴿ اِنَّ اللهَ رَبِّي ورَبُّكُمْ ﴾ :
بە راستی زاتی خودا پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری ئێوەیشە ٠
﴿ فاعْبُدُوهُ ﴾ :
دەی عیبادەتی بۆ بکەن ٠
﴿ هذا صِراطٌ مُسْتَقِيمٌ ﴾ : (٥١)
ئەمە کە من ئێوەی بۆ بانگ ئەکەم ڕێگەی راستە ٠
﴿ فَلَمَّا أحَسَّ عِيسى مِنْهُمُ الكُفْرَ قالَ : مَنْ أَنْصارِي اِلى اللهِ ؟ ﴾ :
جا کاتێ عیسا (د) شوعووری کرد بە ئینکاری ئەو قەومە لە پاش ئەوە کە لە دایك بوو و گەورە بوو و بە ئەمری خودا خەڵکی بانگ کرد بۆ دینداری‌و باوەڕ بە خودا ٠٠ فەرمووی : کێ یارمەتی من ئەدا بۆ لای خودا ؟
﴿ قالَ الحَوارِيِّونَ : نَحْنُ أَنْصارُ اللهِ ﴾ :
حەوارییەکانی[1] حەزرەتی عیسا عەرزیان کرد : ئێمە

---

(١) دوازدە کەس بوون ، کاسبییان گازری‌کردنی خام بوو ، بەرگیان سپی بوو ٠ حەواری لە حوورەوە هاتووە ٠ واتە خالیص یا سپی ٠

یارمەتی تۆ ئەدەین لە گەیاندنی دین‌و ئایینی خودادا بـــــە ئادەمیزاد •

﴿ آمَنَّا بِاللهِ ﴾ :

ئیمانمان هێنا بە خوداو بە ریسالەت‌و رەهبەری تۆ •

﴿ واشْهَدْ بِأنَّا مُسْلِمُون ﴾ : (٥٢)

تۆیش لە رۆژی قیامەتا لە حوزووری خودادا شەهادەتمان بۆ بدە بەمە کە ئێمە موسوڵمانین •

﴿ رَبَّنا آمَنَّا بِما أنْزَلْتَ واتَّبَعْنا الرَّسُـــولَ فاكْتُبْنا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴾ : (٥٣)

ئەی پەروەردگاری ئێمەو باقی مەخلووقات ئیمانمان هێنا بە تۆو بەو دەستوورە کە تۆ ناردووتەتە خوارەوە بۆ سەر عیسا (د)و کەوتووینە شوێنی ئەم رەهبەرە دەی بمان‌نووسە لە نــاو دەفتەری ئەهلی ئیسانا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شەهادەت ئەدەن بە تاقی‌و تەنهایی تۆ •

﴿ ومَكَرُوا ﴾ :

جا ئەو جوولەکانە کە حەزرەتی عیسا بانگی‌کردن بـــۆ ئیمان‌و ئەوانیش ئینکاریان کرد •• دەستیان‌کرد بە فرۆ فێڵ‌و خەڵکیان هەڵنا بۆ کوشتنی حەزرەتی عیساو کاری وایان کرد کە فەرمانداری ئەو چەرخە مەئمووری نارد بـــۆ هەڵاوەســـتنی

عیسا (د) •

﴿ ومكر الله ﴾ :

وه خودایش موقابەلەی فڕو فێڵەکەی ئەوانی کرد بە کارێکی وا هەر لە شانی خودادا هەیە بیکاو شێوەو صوورەتی حەزرەتی عیسای دا بە یەکێ لەو کۆمەڵە کە هاتبوون بۆ کوشتنی حەزرەتی عیساو ئەو کەسەیان هەڵاوەستو کوشتیانو عیسای رزگار کرد •

﴿ والله خير الماكرين ﴾ : (٥٤)

وه خودای تەعالا زاناترو تەواناترە لە هەموو خاوەن سیاسەتێو ئەتوانێ کە نەفسی خۆیان لەسەر خۆیان بگۆڕێ بە شێوەی دوژمنو بیکوژنو دوژمنەکەیان رزگار بکا •

﴿ إذ قال الله : يا عيسى إني متوفيك ﴾ :

وه خودای تەعالا ئەم فەرمانە (خارق العادة)یە لەو کاتەدا کرد کە فەرمووی بە هۆی جوبرەئیلەوە : ئەی عیسا بە راستی من تۆ وەرئەگرم •

﴿ ورافعك إلي ﴾ :

وه تۆ بەرز ئەکەمەوە بۆ شوێنێ کە لەبەر دووری لە دەستی ستەمکاران لەو شوێنانەیە کە هەر عەلاقەی بە خۆمەوەیە •

﴿ ومطهرك من الذين كفروا ﴾ :

وه پاکت ئەکەمەوەو دوورت ئەخەمەوە لە بەدگومانیو بەدئەندیشەییو بەدکاری ئەو کەسانە کە کافرن بە خوداو بە

رەهبەران •

﴿ وجاعِلُ الَّذينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذينَ كَفَرُوا اِلى يَوْمِ القِيامَةِ ﴾ :

وە ئەو كەسانە كە ئەكەونە شوێنی تۆو دینی خودایان وەرگرتووە لە تۆو لە پاش تۆ رەفتار بە فەرمانەكانی تۆ ئەكەنو ئەكەونە شوێن ئەو كەسە كە تۆ موژدەی پێ ئەدەی ، وەكوو پێغەمەری ئاخرزەمان بێ بەرزیان ئەكەمەوە لە پایەی دڵپاكیو دەلیل هێنانەوەی راستدا بەسەر ئەو جوولەكانەدا كە دوور ئەكەونەوە لە دەستووری تۆ هەتا رۆژی قیامەت •

﴿ ثُمَّ اِليَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيما كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾ : (٥٥)

لە پاش هاتنی قیامەتیش هەموو زیندوو ئەكرێنەوەو دێنەوە بۆ حوزووری من جا حوكم ئەدەم لە ناوتانا لەو شتانەدا كە ئێوە ئیختیلافتان هەیە تیایانا •

﴿فأمَّا الَّذين كَفَرُوا فَأُعَذِّبُهُمْ عَذاباً شَديداً في الدُّنْيا والآخِرَةِ ﴾ :

جا ئەوانەیان كە كافر بوونو ئینكاری یەكیەتی خوداو ریسالەتی پێغەمەرێ لە پێغەمەرەكانیان كردووە ئەوە عەزابیان ئەدەم بە عەزابێكی سەختی ناباری ناهەموار لە دنیادا بە كوشتنو سووككردنو ... كردن بە بەندەو سەرانە لەسەردانانو لە قیامەتا بە ئاگری خاوەن ئازاری دۆزەخ •

﴿ وما لَهُمْ مِنْ ناصِرِينَ ﴾ : (٥٦)

وەنیە بۆ ئەوان کەسێ یا کەسانێ کە یارمەتییان بدا بە یارمەتییەکی بەحورمەتانە ٠

﴿ وأمّا الّذين آمَنُوا وعَمِلُوا الصّالِحاتِ فيُوَفّيهِمْ أُجُورَهمْ واللهُ لا يُحِبُّ الظّالِمينَ ﴾ : (٥٧)

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیەو کردەوەی باش ئەکەن ئەوە خودا بە تەواوی مزدو پاداشی ئەو کردەوەیانە پێ ئەداتەوەو حەقیان کەم ناکاتەوە ؛ چونکی حەق کەم کردنەوە هەرچەنـد نیسبەت بە خودا ستەم نیە بەڵام لـە ستەم ئەچێو خودا ستەمکارانی خۆش ناوێ لەبەر ستەمەکەیان ئیتر خۆی چـۆن ستەم ئەکا ٠

﴿ ذلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الاياتِ والذِّكْرِ الحَكيمِ ﴾ : (٥٨)

ئەم ئەخباری پەیدابوونی عیسایە ئەیانخوێنینەوە بەسـەر تۆدا ، وە حاڵی ئەوانە وایە کە لە ئایاتی نازڵکراوی خودان ، وە لە زیکرێکی وان کە پڕن لە حیکمەتو زانستی راسـتی بەسوود بۆ دنیاو بۆ قیامەت ٠

﴿ اِنَّ مَثَلَ عِيسى عِنْدَ اللهِ كَمَثَلِ آدَمَ ﴾ :

بە راستی شانی عەجیبی عیسا لە لای خودا وەکوو شانـی ئادەم وایە ٠

﴿ خَلَقَهُ مِنْ تُرابٍ ثُمَّ قالَ لَهُ ﴾ :

دروستی کردو صوورەتو پەیکەری کێشا لە گڵێ کـە تێکەڵی ئاو بووە لە پاشان فەرمووی بەو ٠

﴿ كُنْ فَيَكُونُ ﴾ : (٥٩)

ببەو ئەویش بوو ٠

﴿ الحَقُّ مِن رَبِّكَ فلا تكُنْ مِنَ المُمْتَرِينَ ﴾ : (٦٠)

قسەی راستو موافیقی واقیع ئەوەیە کە لە لایەنی خوداوە دێت بۆت ، ئیتر پاش وەرگرتنی حەقیقەت لە لایەنی خودا مەبە بەو کەسانە کە خاوەن گومانو دوودڵن ٠

بزانن ! لە ئایەتی (ان مثل عیسی ٠٠)وە دەرئەکەوێ کە قیاس جێگەی ئیعتیبارە ، بە تایبەتی ئەگەر قیاسەکە رووناکی وابێ کە پایەی (مقیس) بەرزتر بێ لە (مقیس علیه) ٠ ئیستە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت : وەکوو چۆن خودا تەوانا بووە لەسەر ئەوە کە ئادەم دروست بکا بە بێ دایكو باوك وە بە قودرەت گڵو ئاو بکا بە پەیکەری ئادەمیزادو فووی لێ بکاو گیان دروست بکا لەو هەیکەلەدا ٠٠ وەها ئەتوانێ عیسایش بە بێ باوك دروست بکا ، بەڵکوو دروستکردن بە بێ باوك ئاسانترە لە لای بیری ئێمەدا لە دروستکردن بە بێ باوكودایك ٠ ئیستە دروستکردنی عیسی (مقیس)ەو دروستکردنی ئادەم (مقیس علیه)ەو جامیع لە بەینیانا نەبوونی ئاوی باوكو دایکەو حوکمی موتەرەتەب لەم قیاسەدا جەوازی ئیبداعە ، بەڵام ئاو لە مەقیسەکەدا لە لایەنی دایکەوە مەوجوود بووەو لە مەقیسوعەلەیهیدا موطڵەقا نەبووە ٠ جا مادام واقیع بووە کە ئینسانێ دروست ببێ بە تەرزێ موستەغنی بێ‌لە ئاوی باوكو

دایك با واقیع ببێ كه ئینسانێ دروست ببێ لەگەڵ ئیستیغنا له ئاوی باوك به تەنیا به (طریق الاولی) ·

ریوایەتكراوه : ئەم ئایەته نازڵبووه به هۆی وەفـدی نەجرانەوه كه ئینكاری فەرموودەی حەزرەتیان كرد كاتـێ فەرمووی : عیسا عەبدی خودایەو به ئەمری (كـن فیكون) دروستكراوەو وتیان : دەی عەبدێكمان نیشانبدە كه به بـێ باوكو دایك دروستكرابێ ، وه حەزرەت فەرمووی : چـۆن سەرتان سورئەمێنێ لەوه كه خودا عیسا به بێ باوك دروست بكا ؟! ئەوەنیه كه خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی به بێ باوكو دایك دروستكردووه ! جا ئەم ئایەته هاتەخوارەوه ·

هەروا ریوایەت كراوه : كاتێ حەزرەت بانگی كردن بـۆ ئیسلامییەت وتیان : ئێمه موسوڵمانین · حـەزرەت فەرمووی : درۆ ئەكەن ، سێ شت مەنعی ئێوه ئەكا له راستی ئەم داواتانه : یەكەم : ئەمه كه ئەڵێن : خودا كوڕی هەیەو عیسا كوڕی ئەوه ! دووەم : ئەمه كه سوجده ئەبەن بۆ (صەلیب) ! سێهەم : ئەمـه كه گۆشتی بەراز ئەخۆن ! پاش ئەوه ئەم ئایەته نازڵ بـوو لەگەڵ ئایەتی (موباهەله)دا كه له پاش ئەمه دێت ·

﴿ فَمَنْ حاجَّكَ فِيهِ مِنْ بَعْدِ ما جاءَكَ مِـنَ العِلْمِ ﴾ :

جا ئەگەر كەسێ موجادەلەی كرد لەگەڵ تۆدا له پاش ئەم زانسته راسته كه بەتۆ گەیشتووەو تۆیش بەیانت كردوه ·

﴿ فَقُلْ : تَعالَوا نَدعُ أَبْناءَنا وأَبْناءَكُم ونِساءَنا ونِساءَكُمْ ﴾ :

تۆ بڵێ بەو کەسەو هاوبیری ئەو : فەرموون بانگ بکەین لە ئەولادی ئێمەو ئەولادی ئێوەو ژنانی ئێمەو ژنانی ئێوە ، واتە ئێمە ئەوەی عەلاقەو پەیوەندی خۆمانە ئێوەیش ئەوەی عەلاقەو پەیوەندی خۆتانە بانگ بکەین ٠

﴿ وأنْفُسَنا وأَنْفُسَكُمْ ﴾ :

وە خۆیشمان هەردوو لامان حازرو ئامادە ببین لە شوێنێکا ٠

﴿ ثُمَّ نَبْتَهِلْ ﴾ :

پاش ئەوە بە پەرۆشەوە دۆعای زیاندار بکەین لەوانە کە دژن بە بیری بەرابەر ٠

﴿ فَنَجْعَلْ لَعْنَةَ اللهِ عَلى الكاذِبِينَ ﴾ : (٦١)

وە بڕیاری دوورکەوتنەوەو دوورخستنەوە لە لایەنی خوداوە بدەین لەسەر ئەوانە کە قسەیان ڕاست نیەو داواکەیان درۆیە ٠

ئیبنو عەبباس فەرموویەتی : ئەمانە کە حەزرەت بانگی کردن بۆ موباهەلەو دۆعا لەیەککردن کۆمەڵی گاورەکانی نەجران بوون بە تایبەتی گەورەکانیان کە (سید) و (عاقب)و (بن الحارث)بوون ٠

وە ریوایەت کراوە : پاش ئەم بانگکردنە عاقیب ـ کە

گەورەی وەفدەکە بوو ـ مەنعی هاوڕێکانی کرد لە حازربوون بۆ ئەو دۆعاکردنەو پێی‌وتن : ئەگەر بێن‌و محەمەد دۆعـــای شەڕتان لێ بکا هەمووتان ئەفەوتێن ! ئەوانیش تەرکیان کردو رازی بوون بەوە کە هەموو ساڵێ جیزیە بدەن بە حەزرەت (د)و بەم جۆرە نیزاع بڕایەوە ٠

﴿ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ ﴾ :

ئەوەی کەوتە بەر هێزی بیستنی تۆ ، ئـــەی پێغەمەری خۆشەویست ، لە باسی مەریەمی کچی عیمران‌و پەروەردەبوونی بە عیسمەت‌و عیبادەت لە چاودێری یەکێ لە پێغەمەرانی بەنـی ئیسرائیلدا وە دەرکەوتنی فریشتەی ئەمین‌و بەخشینی خودا بە مەریەم کوڕێکـی رەهبەری پایەبەرزی وەهـا کـــە جیهان لە پەیدابوون‌و قسەکردنی لەناو بێشکەداو گەورەبوونی بە ئەمانەت‌و دەرچوونی موعجیزات لەسەر دەستیا سەرسام بوو و ، فڕو فێڵی جۆلەکەکان بۆ هەڵاوەستنی‌و فریاکەوتنی هێزی قودسی بـــۆ رزگارکردنی هەر ئەوەیە وتارێ کە رێکی واقیع‌و حەقیقـەت بێ‌و هەرچی دژی ئەم باسەیە درۆیە ٠

﴿ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّا اللَّهُ ﴾ :

وە هیچ کەس نیە شیاوی خودایی بێ ئیللا زاتی خودا وە هەموو رەهبەرەکان بەندەی ملکەچو فەرمانبەرداری ئـــەو خودایەن وە دوورن لە پایەی خوداوەندی ٠

﴿ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾ : (٦٢)

وە بە راستی خودا غاڵبەو تەوانایەو زاڵە بەسەر هەموو

عالەماو موحتاج نیە بە کوڕو پەیوەندی کەس ٠

﴿ فان تولَّوا فانَّ اللهَ عليمٌ بالمفسدينَ ﴾ :(٦٣)

جا ئەگەر سەرپێچییان کردو لە راستی لایاندا ئەوە خودای تەعالا خراپکارانو لەڕێلادەران دەناسێو لێی ون نابن ٠

﴿ قلْ : يا أهلَ الكتابِ تعالَوا إلى كلمةٍ سواءٍ بيننا وبينكمْ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو و بڵێ : ئـــەی ئەهلی کیتاب ، ئەی وەفدی نەجرانو ، ئەی ئەحباری یەهوود وەرن بۆ لای وەرگرتنی تاقە جوملەیێ کە ئیخلاصە بۆ خوداو دێتە جێگە لە ضیمنی ئەم چەن کەلیمە وە ئەم چەن جوملەدا کە بریتین لەمانە کە دێز ٠

﴿ ألاَّ نعبُدَ إلاَّ اللهَ ولا نُشرِكَ بهِ شيئاً ﴾ :

عیبادەت نەکەین بۆ کەس بۆ خودا نەبێو شەریکی بۆ بڕیار نەدەین بە هیچ نەوعە شەراکەتێ ٠

﴿ ولا يتَّخِذَ بعضُنا بعضاً أرباباً مـــنْ دونِ اللهِ ﴾ :

وە بازێ لە ئێمە بازێکمان قەرار نەدا بە خاوەن فەرمان بە بێ وەرگرتنی فەرمان لە خودا وە بە بێ فام کردنی حوکم لـــە فەرموودەی خودا ، وە هیچ شتێ حەڵاڵ یا حەرام نەکەین بـــە بێ دەلیلێ کە پاڵ بدا بە فەرموودەی خوداوە ٠

﴿ فانْ تولَّـــوا فقولـــوا : اشهَـــدوا بأنَّـا مسلمونَ ﴾ : (٦٤)

جا ئەگەر ئەو ئەهلی کیتابە پشتیان هەڵکرد لەم ئامۆژگارییە ئەی پێغەمەر لەگەڵ پەیڕەوەکانتا بڵێن بەو کۆمەڵە کیتابییانە : ئێوە ئاگادار بن ئێمە فەرمانبەرداری خوداین‌و موسوڵمانین ·

ئەم ئایەتە تەعریضە بەو گاورانە کە عیبادەت ئەکەن بۆ عیسای مەسیح‌و مەریەم وە عیساو مەسیح دائەنێن بە ئالیهـــە لەگەڵ خودادا ، وە زانا گەورەکانیش ئەکەن بـــە مەصدەری تەحریم‌و تەحلیل بە بێ دەربڕینی دەلیل · هەروا تەعریضە بەو یەهوودانەیش کە یەکێ لەم صیفەتانەیان تێدابووە ·

فەرمووده‌ی خودا : (یا اهل الکتاب ··· الآیات)

ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە (خ) فەرموویەتـــی : گاورەکانی (نەجران)و عالمەکانی یەهوود گردبوونەوە لـــە خزمەتی حەزرەتا (د)و هاتـــن بەیەکا لـــە باسی حەزرەتـــی ئیبراهیمدا ؛ یەهوودیەکان وتیان : ئیبراهیم یەهوودی بووەو لەسەر دینی یەهوود بووەو ، گاورەکان وتیان : نەخەیر لەسەر دینی نەصرانی بووە ·· جا خـــودا ئەم ســـێ ئایەتەی ناردە خوارەوە :

﴿ یا أَهْلَ الکِتابِ لِمَ تُحاجّونَ في إِبْراهِیمَ وَمـــا أُنْزِلَتِ التَّوْراةُ والأنْجِیلُ اِلا مِـــنْ بَعْـدِهِ أفَـــلا تَعْقِلُونَ ؟ ﴾ : (٦٥)

ئەی ئەهلی کیتاب ، ئەی زانایانی یەهوودو نەصرانـــی لـــەبەر چـــی نیزاع‌و موجادەلـــە ئەکـــەن‌و دێن بە یەکا لە هۆی

ئیبراهیمەوە ، وە یا هەر تاقمێ داوای ئەوە ئەکا کە لەسەر دینی ئەوان بووە (مع انه) خۆتان ئەزانن دینی ئیبراهیم‌و دینی موساو دینی عیسا لە ئادابی فورووعاو لە یاسادا لە یەك جیان ! وە ئەزانن کە تەورات نازڵ بووە بۆ سەر حەزرەتی موسا لە پاش حەزرەتی ئیبراهیم بەماوەیەکی زۆر · وە ئینجیلیش نازڵ بووە بۆ سەر حەزرەتی عیسا لە پاش حەزرەتی ئیبراهیم بە ماوەیەکی زۆرتر ئیتر چۆن رووتان هەیە ئەم درۆ گەورەیە بڵاوبکەنەوە بە جیهانا ؟ ئایا ئێوە عەقڵی ئەوەتان نیە کە رەوا نیە ئادەمیزاد درۆ بکا ، بە تایبەتی ئەوانە کە زەمامی کۆمەڵ لە دەستی ئەوانایەو بە تایبەتی درۆیێ کە هەموو هۆشیارێ بزانێ درۆیە ؟!

﴿ ها أَنْتُمْ هؤُلاءِ حاجَجْتُمْ فِيما لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ ، فَلِمَ تُحاجُّونَ فِيما لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ ؟ ﴾ :

باشە وا ئێوە ئەی کۆمەڵ موجادەلەتان کرد لە بازە شتێکا کە بە گومانی خۆتان ئاگادارن لەسەری وەکوو مەعنای عیبارەتی تەوراتو مەعنای عیبارەتی ئینجیل کە وەریان ئەگێڕن لە زاهیرو سیفاتی پێغەمەری ئاخرزەمان کە محەمەدە (د)و لە تەوراتا نووسراوەو مژدە بە هاتنی محەمەد بە عینوانی (ئەحمەد) کە لە ئینجیلدا دیاری کراوە ·· (الحكم لله) ! ئەی بۆچی موجادەلەو ملەجڕێ ئەکەن لە شتێکدا کە نایزانن‌و ئاگاتان لێ نیە ، وەکوو نیسبەتدانی ئیبراهیم بۆ لای دینی خۆتان ؟!

﴿ واللّهُ يَعْلَمُ وأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ ﴾ : (٦٦)

وه خودا به ئه‌حواڵی ئیبراهیم ئه‌زانێو ئێوه به قه‌طعی نایزانن ·

﴿ ما كَانَ إبْراهِيمُ يَهُودياً ولا نَصْرانِياً ﴾ :

به قه‌طعی ئیبراهیم له‌سه‌ر ئایینی یه‌هوودی نه‌بوو كه عوزه‌یر به كوڕی خودا ئه‌زانن ، وه له‌سه‌ر دینی نه‌صرانی نه‌بوو كه عیسا به كوڕی خودا دائه‌نێنو عیساو مه‌ریه‌م ئه‌كه‌ن به شه‌ریكی خودا له پایه‌ی خوداوه‌ندییا ·

﴿ ولَكِنْ كانَ حَنِيفاً مُسْلِماً ﴾ :

به‌ڵام ئینسانێكی له پڕو پووچ لاده‌رو مونكیر بۆ ئیشراك بوو وه موسوڵمان بووه‌و رووی له حه‌قیقه‌ت كردووه ·

﴿ وما كانَ مِنَ المُشْرِكِينَ ﴾ : (٦٧)

وه له‌و كه‌سانه نه‌بووه كه شه‌ریك‌و هاوبه‌ش بۆ خودا بڕیار بده‌ن · وه له‌م جوملەدا ته‌عریز هه‌یه به‌وه كه یه‌هوودو نه‌صرانیه‌كانی زه‌مانی حه‌زره‌ت (د) موشریك بوون ·

﴿ إنَّ أَوْلى النَّاسِ بِإبْراهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ ﴾:

به راستی نزیكترو عه‌لاقه‌دارتری ئاده‌میزاد به ئیبراهیمه‌وه ئه‌و كه‌سانه بوون له ئوممه‌ته‌كه‌ی كه تابیعی بوون له وه‌ختی خۆیا ·

﴿ وهَذا النَّبِيُّ والَّذينَ آمَنُوا ﴾ :

وه ئه‌م پێغه‌مه‌ره كه محه‌مه‌ده‌و ئه‌وكه‌سانه كه ئیمانیان

هێناوه به محەمەد ؛ چونکی موافیقی ئیبراهیمن له گەڵـــێ حوکمی دینا ٠

﴿ واللهُ وَلِيُّ المُؤْمِنِين ﴾ : (٦٨)

وه خودای تەعالا دۆستو یارمەتیدەری موسوڵمانانه لـه دنیاو قیامەتا ٠

فەرموودەی خود : (ودت طائفة ٠٠٠ الآية)

هاته خوارەوه له شانی کۆمەڵێ له جوولەکانا کـــه حوزەیفەی ئیبنولیەمان‌و عەمارو مەعازیان دڵخۆشی ئەکرد بـۆ ئەوه ببن به جوولەک،و دینی یەهوودی ئیختیار بکەن ٠ خودای تەعالا فەرمووی :

﴿ وَدَّتْ طائِفَةٌ مِـــنْ أَهْـــلِ الكِتـــابِ لَـوْ يُضِلّونَكُمْ ﴾ :

به دڵ ئارەزوویان ئەکردو زۆریان پێ خۆش بوو کۆمەڵێ له کیتابییەکان ئەگەر ئێوه گومڕا بکەن‌و بتان‌بەن بۆ سەر دینـی خۆیان ٠

﴿ وما يُضِلّونَ إلاَّ أَنْفُسَهُمْ ﴾ :

بەڵام ئەمانه ناتوانن کەس گومڕا بکەن ئیللا نەفســـی خۆیان‌و ئەو کەسانه کە هاودین‌و هاوڕەوشتیانن ٠

﴿ وما يَشْعُرُونَ ﴾ : (٦٩)

وه بەم واقیعه نازانن ٠ یاخود ئەمانه بەم تێکۆشینانەیان

بۆ گومڕاکردنی موسوڵمانان ناتوانن کەس گومڕا بکەن ئیللا خۆیان نەبێ ؛ چونکە ڕێگەی ڕاستی ئەوان ئەوە بوو کە تێکۆشێن بۆ بەیانی سیفاتی پێغەمەری ئاخر زەمان‌و ئیمانی پێ بێنن‌و خەڵك بێننە سەر ئەو ڕێگا ، ئیستە کە لەو ڕێگە لایان‌داوەو بۆ ون‌کردنی حەقیقەت حەول ئەدەن ئەوانیان پێ‌گومڕا ناکرێ بەڵکو هەر خۆیان گومڕا ئەکەن بەڵام جەهلی مورەکەبیانەو بە خۆیان نازانن ٠

﴿ يا أَهْلَ الكِتابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآياتِ اللهِ وَأَنْتُمْ تَشْهَدُونَ ؟ ﴾ : (٧٠)

ئەی خاوەن کیتابەکان ، ئەی یەهوودیەکان‌و ، ئەی نەصرانیەکان لەبەر چی ئێوە کوفری ئایاتی خودا ئەکەن‌و ئەو سیفات‌و نیشانانەی پێغەمەری ئاخرزەمانە کە لە تەورات‌و ئینجیلدا ، نووسراوە ونیان ئەکەن ، وەلحاڵ ئێوە شەهادەت ئەدەن لەسەر ئەوە کە کتێبەکانتان حەقەو ڕاستە ؟

﴿ يا أَهْلَ الكِتابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الحَقَّ بِالباطِلِ ﴾ :

ئەی خاوەن کتێبەکان لە بەرچی ئەو عیباراتە حەقە کە لە تەوراتاو لە ئینجیلدا هەیە لە بابەتی ڕەوانەکردنی محەمەدەوە (د) دائەپۆشن بە مەعنایەکی بەتاڵ‌و نارەواو ئەو نیشانانە ئەبەنە سەر کەسانێ کە هێشتا پەیدانەبوون ؟!

﴿ وتَكْتُمُونَ الْحَقَّ ﴾ :

مەعنا ڕاستەکە دائەپۆشن ٠

﴿ وأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ؟! ﴾ : (٧١)

وەلحاڵ ئێوە ئەزانن کە ئەو سیفاتانە هەر سیفەتی محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموطەلیبی هاشمی قورەیشـین • وە ئەو نیشانانە کە لە بۆ کۆمەڵی ئەتباعەکانی ئەو نووسراون هەر نیشانەی ئەصحابو یارانی ئەو زاتەن •

فەرموودەی خودای تەعالا : (وقالت طائفة)

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) کە عەبدوڵلای بنی صەیفو عەبدی بنی زەیدو حارثی بنی عەوف لە بەینـی خۆیانا راوێژیان کرد وتیان : با بڕۆین لەســـەر سبەینێکانـا ئیمانی خۆمان بە دینی ئیسلام دەربڕینو لە کاتی ئێوارانا لەوە پەشیمان ببینەوە ، هەتا بەم جۆرە وەزعە دوو دڵیو پەشـــێوە بخەینە ناو موسوڵمانەکانەوەو ئەوانیش وەکوو ئێمە وەزعیان بگۆڕن ! جا ئەم ئایەتانە نازڵبوون •

﴿ وقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الكِتابِ ﴾ :
وتیان کۆمەڵێ لە ئەهلی کیتاب •

﴿ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهارِ واكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ : (٧٢)

ئیمان بێنن بەو قورئانە کە نازڵکراوە بۆ سەر موسوڵمانە خاوەن ئیمانەکان لە ئەووەڵی رۆژەوەو ئینکاری بکەن لە ئاخری رۆژدا بەڵکوو ئەمانە بکەونە پەشێوەو دوودڵییەوەو لــــە دینی خۆیان وەرگەڕێنو رزگار ببین لێیان •

﴿ ولا تُؤْمِنُوا اِلاَّ لِمَنْ تَبِعَ دِينَكُمْ ﴾ :

ئەمەیش هەر لە واتەی ئەهلی کیتابە ئەڵێن : قەت ئیمـــان مەیەنن ئیللا بە دینی ئەو کەسانە کە ئەکەونە شوێن دینەکەی ئێوە ٠

جا خودای تەعالا بۆ رەددی ئەو کافرانە ئەمر ئەکا بـــە حەزرەتو ئەفەرموێت ئەی پێغەمەری خۆشەویست ٠

﴿ قُلْ : اِنَّ الْهُدَى هُدَى اللهِ أَن يُؤْتَى أَحَدٌ مِثْلَ ما أُوتِيتُمْ أَوْ يُحاجُّوكُمْ عِنْدَ رَبِّكُمْ ﴾ :

بڵێ بەو کافرانە کە بە راستی هیدایەت هەر هیدایەتـــی خودایە بەم شێوە کە بدرێ بە یەکێ لە غەیری تاقمی ئێوە دینێ وەکوو دینی ئێوە بە وەحی لە لایەنی خوداوە نازڵ بووبێ بـــە وێنەی ئەوەی کە دراوە بە ئێوە بیخوێننەوە یاخود ئیستیدلالو ئیحتیجاجی پێ بکەن لەگەڵ ئێوەدا ٠

چونکی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا ، وە هەر وەکوو قودرەتی بووە کە کیتاب نازڵ بکا بۆ پێغەمەرانـــی پێشوو وەکوو ئیبراهیمو موساو عیسا ئەیشتوانێ کیتابـــی وەکوو ئەو کیتابانە نازڵ بکا بۆ سەر ئێمەو ئێمەیش ببین بـــە خاوەن کیتاب لە عالەما ٠ وە ئەی پێغەمەری خۆشەویست بـــۆ تەئکیدو دامەزراندنی ئەم مەبەستە ٠

﴿ قُلْ : اِنَّ الفَضْلَ بِيَدِ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاءُ واللهُ واسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ : (٧٣)

بڵێ بەو ئەهلی کیتابە بە راستی فەزڵو گەورەیی هەمووی

وا له دەستی قودرەتو تەوانایی خودادا ئەیدا به هەرکەسێ خواستی لێ ببێ • وە خودای تەعالا زانستو تەوانایی زۆر گوشادەو به هەموو کەسو به هەموو ئوممەتێ زانایەو،ئەزانێ ریسالەتی خۆی له چ شوێنێکا دابنێ •

لەسەر ئەم مەعنایە کەلیمەی (قل) له ئەووەڵەوە تا ئاخری ئایاتەکە هەموو عائیدی حەزرەتە (د)و ئەبێ به رەد بۆ کیتابیەکان ، وە بازێ فەرموویانە : ئیحتیمالی هەیە کە (قل ان الهدی هدی الله) جوملەیەکە کەوتوەتە ناو کەلامی کیتابیەکانەوە قسەکەیان ئەمەیە (ولا تؤمنوا الا لمن تبع دینکم ان یؤتی أحد مثل ما أوتیتم او یحاجوکم عند ربکم) واتە ئیمانو باوەڕتان نەبێ ئیللا بەو کەسانە کە تابیعی دینی ئێوە ئەبن له هۆی ئەوەوە کە بدرێ بە کەسێ وێنەی ئەو کتێبە دراوە بە ئێوە یا بتوانن کە موجادەلە بکەن لەگەڵ ئێوەدا لە رۆژی قیامەتا • وەلحاصڵ ئەهلی کیتاب ئەیانوت بە هاودینەکانیان باوەڕ مەکەن بەوە کەسێ لە غەیری تاقمی خۆتان کتێبێکی وێنەی کتێبی ئێوەیان پێدرابێ رەفتاری پێ بکەن لە دنیادا یا دەلیلێکی پێ بهێننەوە لە دنیادا لە هۆی خوداوە یا لە قیامەتا لە حوزووری خودادا ؛ چونکی دین بڕاوەتەوە لەسەر بەنی ئیسرائیل •

جا خودای تەعالا فەرموویەتی بە حەزرەت (د) تۆ بڵێ بەو کیتابییانە هیدایەت هیدایەتی خودایەو لە قودرەتی ئەوایە بە هەر تاقمێك یا بەهەر کەسێکی بدا ئەیدا ، وە بڵێ : فەزڵو کەرەمو رەحمەت هەمرو لە لای خودایە بە هەرکەسێ وە هەر تاقمێ خواستی هەبێ ئەیداو کەس ناتوانێ مەنعی بکا • خودا

(واسع القدرة) و (واسع العلم)د (والحمد لله) ٠

﴿ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشاء ﴾ :
خاس ئەكا بە میهرەبانیو کەرەمی خۆیەوە هەرکەسێ خواستی هەبێ ٠

﴿ واللهُ ذُو الفَضْلِ العَظِيمِ ﴾ : (٧٤)
وە خودا صاحیبی فەزلێکی گەورەیە ٠

﴿ ومِنْ أَهْلِ الكِتابِ مَنْ اِنْ تَأْمَنْهُ بِقِنْطارٍ يُؤَدِّهِ اِلَيْكَ ﴾ :

وە ئەهلی کیتاب هەموویان لەسەر زەوقێ نینو لەسەر حاڵێ نین ، بەڵکو جیاوازییان هەیە لەناو خۆیانا : لە ئەهلی کیتابە کەسێ ئەگەر بیکەی بە ئەمین لەسەر قینطارێ ئاڵتوون ، کە ئەکاتە هەزارو دووصەد هۆقە ئاڵتوون ، ئەیداتەوە بە خاوەنەکەی بە تەواوی وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلام کە ئەو ئەندازەیە لە لایەنی عەرەبێکی قورەیشییەوە درابووە دەستی بە ئەمانەتو هەمووی دایەوە بە خاوەنەکەی ٠

﴿ ومِنْهُمْ مَنْ اِنْ تَأْمَنْهُ بِدِينارٍ لا يُؤَدِّهِ اِلَيْكَ اِلا ما دُمْتَ عَلَيْهِ قائِماً ﴾ :

وە لە ئەهلی کیتابە کەسێ ئەگەر دینارێکی بە ئەمانەت بدەیتە دەست ، کە وەزنی حەفتاو دوو دەنکە جۆیە ، نایداتەوە بە خاوەنەکەی مەگەر کابرا بە سەریەوە راوەستابێ ، یا مەگەر تۆ ، ئەی خاوەن حەق ، بەسەریەوە راوەستابی لێی جیانەبیتەوە

تا دینارەکەت ئەداتەوە دەست ٠

﴿ ذلِكَ بِأَنَّهُمْ قالُوا : لَيْسَ عَلَيْنا في الأُمِّيِّين سَبِيلٌ ﴾ :

ئەمەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوئەهلی کیتابانە ئەڵێن : نیە لەسەر ئێمە لە هۆی ئوممەتی ئوممیەوە کە عەرەبە رێگەی زەمو عیتابو هەرچۆن ماڵیان بخۆین رەوایە ٠

﴿ ويقولونَ على اللهِ الكَذِب وهُمْ يَعْلَمُون ﴾: (٧٥) ٠

وە درۆ هەڵئەبەستن لەسەر شەریعەتی خوداو ئەوانیش خۆیان ئەزانن کە درۆ ئەکەن ٠

﴿ بَلى مَنْ أَوْفى بِعَهْدِهِ واتَّقى فَإِنْ اللهَ يُحِبُّ المُتَّقِين ﴾ : (٧٦)

واتە وا نیە ، خراب حاڵی بوون خودا ذیممەی بڕیارداوە بۆ هەموو ئوممەتێکی (غیر مهدر) لەسەر هەموو ئوممەتێو دروست نیە کەس ماڵی کەس بخوا ، وە مادام بڕیاری خودا وابێ هەر کەسێ وەفا بکا بە عەهدو پەیمانو موعامەلە لەگەڵ ئادەمیزادا بە ساغیو لەخودا بترسێ ئەوە بە راستی خودا لەگەڵ ئەو کەسەدایە ؛ چونکی ئەوە خاوەن تەقوایەو خودا لەگەڵیانایە ٠

فەرموودەی خودی تەعالا : (ان الذين يشترون بعهد الله ٠٠٠ الاية)

ریوایەتکراوە لە ئەشعەثی کوڕی قەیسەوە وتوویەتی : وەڵڵاهی ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵبوو ؛ چونکی عەرزێ لە

بەینی منو شەخسێکی یەهوودییا نیزاعی تێدا بوو : من داوام ئەکردو کابرای جوولەکەیش ئینکاری ئەکرد ، هێنام بۆ خزمەتی حەزرەت (د) فەرمووی : شاهیدت هەیە ئەم عەرزە مالی تۆیە ؟ وتم : شاهیدم نیە ، جا فەرمووی بە یەهوودییەکە : سوێند بخۆ ! منیش عەرزم کرد : یا رەسولەڵلا سوێند ئەخواو ماڵەکـــــەم ئەفەوتێ ! جا لەو کاتەدا ئەم ئایەتە نازڵبوو • ئەمە بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە • وە لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبـــی ئەوفا ریوایەت کراوە[1] پیاوێ ماڵێکی فرۆشی هەبوو لە بازاڕا ســــوێنـــدی خوارد ئەوەندە پارەم پێداوە بۆ ئەوە کـــە یارۆی موشتەری لێی بکڕێ ، جا ئەم ئایاتە نازڵبوو •

﴿ اِنَّ الَّذينَ يَشْتَرُون بِعَهْدِ اللهِ وأَيْمانِهِـــمْ ثَـمَنَاً قَلـيلاً ﴾ :

ئەو کەسانە کە ئەگۆڕنەوە عەهدی خۆیان لەگەڵ خودادا بە ئیسلامو ئیمانو بەجێهێنانی ئەمانەت وە ئەو سوێندانە ئەیخۆن بە قیمەتێکی کەم • واتە تەرکی ئیمانو ئەمانەتو ئیهتیمام بـــە سوێند ئەکەن بۆ ئەوە کە ماڵێکی کەمی دنیایان دەست بکەوێ •

﴿ أولـئِـكَ لا خَـلاقَ لَـهُمْ في الآخِـرَةِ ﴾ :

ئەوانە هیچ بەشو بارەیان نیە لە رۆژی قیامەتا •

---

(١) ئەم ریوایەتەیش لە بوخاریدایەو ئیبنو حەجـــەری عەسقەلانی ئەڵێ : مونافات نیە لە بەینی ئەم دوو حەدیثـــەدا ؛ چونکی مانیع نیە لە نوزوولی ئایەتەکـــەدا لـــەبەر هـــەردوو سەبەبەکە •

﴿ ولا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ ﴾ :

وه خودای تەعالا قسەیان لەگەڵا ناکا بە میهرەبانیو مەحەببەت •

﴿ ولا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ :

وه بۆیشیان ناڕوانێ بە تەماشاو روانینی مەحەببەت لە رۆژی قیامەتا •

﴿ ولا يُزَكِّيهِمْ ﴾ :

وه پاکیان ناکاتەوە لە تۆڵەی تاوانەکانیان وە یا خود ثەنایان ناکا •

﴿ ولَهُمْ عَذابٌ أَلِيمٌ ﴾ : (٧٧)

وه عەزابی سەختیشیان هەیە لە قیامەتا •

﴿ وإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقاً يَلْوُونَ أَلسِنَتَهُمْ بِالكِتابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الكِتابِ وما هو مِنَ الكِتابِ ﴾ :

وه بەراستی تاقمێ هەیە لە ئەهلی کیتاب وەکوو کەعبو مالیكو (حیی بن اخطب) زمانی خۆیان هەڵئەسووڕێنن لە خوێندنەوەی کەلامی خودادا کە تەوراتە لە عیبارەتی راستەوە بۆ لار لە نەفسی ئەلفاظی واقیعەدا وە یاخود لە تەفسیر دانەوەیان بە مەعنایەکی ناڕاست بۆ ئەوە کە ئێوە بە کیتابی خودای بزانن‌و لە واقیعیشیا لە کیتابی خودا نیە ؛ چونکی موحەڕڕەف‌و غەیرە صەحیحە •

﴿ ويَقُولُونَ : هو مِنْ عِنْدِ اللهِ وما هوَ مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ :

وه ئەڵێن : ئەمەی ئێمـــه ئەیخوێنینەوه لـــه لای خوداوه هاتووەو کەلامی خودایه ، وه له واقیعا ئەوه لـــه لای خوداوه نەهاتووه ٠

﴿ ويـَقـُولـُون على اللهِ الكَذِبَ وهـُمْ يـَعـْلـَمـُونَ ﴾ : (٧٨)

وه درۆ لەسەر خودا هەڵئەبەستن‌و ئەشزانن که درۆ ئەکەن، جا ئەبێ ئەمانه له قیامەتا عەزابیان چۆن بێ ؟!

فەرموودەی خودا : (ما كان لبشر ٠٠٠ الآية)

ئیبن‌و عەبباس (خ) فەرموویەتی : کاتێ که زاناکانـــــی یەهوودو گاورەکانی نەجران گردەوه بوون له خزمەتی حەزرەتا (د) ئەبو رافیع ناوی جوولەکەی قورەظی وتی : يا محمد تـــۆ ئەتەوێ ئێمه عیبادەتت بۆ بکەین وەکوو گاورەکان عیبـــادەت ئەکەن بۆ عیسا ؟ جا حەزرەت (د) فەرمووی : (معاذ الله) کـــه ئێمه عیبادەتی غەیری خودا بکەین ، یا فەرمان بدەین به کەس که عیبادەتی غەیری خودا بکـــا ، خودا نـــه بـــۆ ئەمه منـــی رەوانەکردووه نه ئەمری بەمه کردووه ٠ جا خودا ئەم دوو ئایەتەی نارده خوارەوه ٠

﴿ ما كانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللهُ الكِتابَ والحُكْمَ والنُّبوَّةَ ثُمَّ يقُولَ للنَّاسِ : كُونُوا عِباداً لي مِـــنْ دُونِ اللهِ ﴾ :

قەت نەبووه له جیهانا‌و نابێ که ئادەمیزادێ خودای تەعالا

کیتابی بۆ بنێرێ ، واته کیتابی ئاسمانی پێبداو عیلمو فەمو زانستی پێبداو پایەی نوبووەتو ریسالەتو پێغەمەری پێببەخشێ : ئادەم بێ یا خاتەم ، موسا بێ یا عیسا • یا غەیری ئەمانه • کەچی ئەو پێغەمەره لەم رێگەی راستی ئیرشادو رەهنومایی‌و رابەریه ئادەمیزاد بۆ لای خودا لاداو بلێت بەو ئادەمیزادانه که بانگیان ئەکا ببن به بەندەی من‌و عیبادەت بۆ من بکەن‌و عیبادەت بۆ خودا مەکەن حاشا وەکەللا ئەم کاره ناهەمواره‌و ئەم وتاره نابارە لە پێغەمەرانەوە رووی نەداوه •

﴿ ولكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِما كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الكِتابَ وبِما كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ﴾ : (٧٩)

بەلام ئەمه ئەفەرموون به ئادەمیزاد : ئێوه ببن به ئینسانێکی پاکی خوداناس‌و خاوەن پەیمان‌و پەیوەند لەگەڵ خودای خۆتان‌و خەیانەت مەکەن نه لەگەڵ خواتان‌و نه لەگەڵ ئادەمیزادو نه لەگەڵ هیچ گیان‌لەبەرێکا ، به هۆی ئەوەوه که ئێوه ئامادەکراون به هۆی تەبلیغاتی ئێمەوه که تالیمی کیتابی خودا بکەن‌و به هۆی ئەوەوه که خۆیشتان کتێبی خوداتان به دەرز وەرگرتووه •

واته : پێغەمەران به ئەمانەت ئادەمیزاد بانگ ئەکەن بۆ بەندەیی خوداو بۆ ئەوه که خودا به یەکێ بزانن‌و شتی موخالیفیان پێ نائێن ، بەلکوو ئەلێن به ئەفرادی ئوممەتەکەیان ئەوانەیان که زانان : ئێوه ببن به ئادەمی رەببانی = خۆ بەسەرخودادا ساغ‌وەکەر ؛ چونکه ئێوه دەرسی کیتابتان خوێندووەو تێگەیشتوون‌و پێگەیشتوون ئینسانێ وەهابێ ئەبێ

خاوەن تەربیەبێ بۆ ئادەمیزاد ·

﴿ ولا يَأْمُرُكُمْ أَنْ تتَّخِذوا الملائِكَـــةَ والنَّبِيِّين أَرباباً ﴾ :

ئیتر پێغەمەران ئەمرتان پێناکەن کە فریشتەکان بکەن بـە خودای خۆتان · یا پێغەمەرەکان بکەن بە رەببی مەعبوود ·

﴿ أيأمُرُكُمْ بِالكُفْرِ بَعدَ إِذْ أَنْتُمْ مُســـلِمونَ ؟! ﴾ : (٨٠)

ئایا ئەمرتان پێئەکەن بـە کافربوون پاش ئـــەوە کـــە موسوڵمان بوونو بوون بە موسوڵمانی دامەزراو ؟!

وە هەر وەکوو پێغەمەران ئەمر ئەکەن بە ئوممەتەکەیان کە باوەڕ بە خودا بکەنو بەندەیی ساغ بۆ خودا بکەنو لە خـــودا لانەدەن ، خودای تەعالا ئەمری فەرمووە بـــە پێغەمەرەکانیش‌و میساق‌و پەیمانی لێوەرگرتوون : هەر یەکێ لە ئێوە کە کردم بە رەهبەرو لە پاشان پێغەمەرێکی فرستادەی خودایان چاوپێکەوت کە یارمەتی بدەنو بەقەد تەوانا کۆمەکی بکەن بۆ ئەمە لـــەو زەمانەدا کە پێغەمەران زۆر بوونو لەیەك چەرخا گەلـــێ لـــە پێغەمەران کەوتوونەتە یەك بە جارێ ، هەریەکێ لەوان نەسرەتی باقیەکان بداو خوداناسی لە جیهانا بڵاوبکەنەوە ، وەکوو لـــە ئایەتی داهاتوودا ئەم باسە ئەکا کە فەرموویەتی :

﴿ وإِذْ أَخَذَ اللهُ ميثاقَ النَّبِيِّينَ لمَا آتَيْتُكُمْ مِـنْ كِتابٍ وحِكْمةٍ ثُمَّ جاءَكُمْ رسُولٌ مُصَدِّقٌ لِما مَعَكُـــمْ لَتُؤمِنُنَّ بهِ ولَتَنْصُرُنَّهُ ، قالَ : أَأَقْرَرْتُم وأَخَذْتُمْ

على ذلِكُمْ إِصْري ؟ قالُوا : أَقْرَرْنا • قال : فَاشْهَدُوا وأَنا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدينَ ﴾ : (٨١)

خودا ئەفەرموێت : ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە خودا ئادو پەیمانی کردووە لەگەڵ پێغەمەرەکاناو پەیمانی لێوەرگرتوون هەرکاتێ کیتابو عیلمو زانستم پێدان لە پاشان یەکێ لە پێغەمەران هات بۆ لاتان کە باوەڕدارە بەوەی لەلای ئێوە هەیە لە دینو عیبادەت بۆ خودا بە پێویستی بزانن کە موخالەفەی نەکەنو باوەڕی پێبکەنو بە قەی ئەوانا یارمەتی بدەن • جا خودا فەرمووی پێیان : ئایا ئیقرارتان کرد بەمەی کە پێمو تنو عەهدی منتان لەسەر ئەمە وەرگرت ؟ ئەوانیش وتیان : بەڵێ ئیقرارمان کرد •• جا خودا فەرمووی : دەی شەهادەت بدەن لە رێگەی خودادا لەسەر ئەم مەوزووعەو بڵێن بە خەڵكو جار بدەن بەمە کە خودا ئەم پەیمانەو ئەم عەهدەی لە ئێوە وەرگرتووە ، وە منیش لەگەڵ ئێوەدا لەو شاهیدانەم کە من ئەم پەیمانەم کردوە لەگەڵ پێغەمەرەکانا • یاخود منیش ئەبم بە شاهید بۆ ئێوە کە بازێ لە ئێوە شەهادەتی داوە لەناو عالەما بۆ بازێکتانو هەمووتان هاودڵو هاووتارو هاورەفتارن •

بازێ لە زاناکان فەرموویانە : خودا ئەم پەیمانەی وەرگرتووە لە هەموو پێغەمەرەکان بەم مەعنا کە هەر پێغەمەرێکی رەوانە کردووە ئەحواڵی حەزرەتی (محمد المصطفى)ی بۆ بەیانکردووەو فەرموویەتی : رەوانەی ئەکەم بۆ سەر جینو ئینسو پەیمانی لێ وەرگرتووە کە سیفاتو نیشانەکانی پێغەمەر بڵاوبکەنەوە بە ناو ئوممەتەکەیانا ، وە ئەگەر تەسادوفی کرد کە محەمەد لە زەمانی ئەوانا هات ئوممەتەکەیان ئیمانی پێبێننو خزمەتی بکەنو یارمەتی بدەن •

﴿ فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذلِكَ فَأُولئِكَ هُمُ الفاسِقُونَ ﴾ : (٨٢)

جا پاش ئەوە کە خودا ئەم پەیمانەی کرد لەگەڵ پێغەمەرەکاناو قسەکە بڵاوەوە بوو بەناو عالەما هەرکەسێ لە ئەفرادی ئوممەت لە کاتی هاتنی پێغەمەرێ لە پێغەمەرەکانا عەنادی کردو دوژمنایەتی لەگەڵ کردنو ئیمانیان نەهێنا ئەوە لە فەرمانی خودا دەرچوونو بە کافر ئەژمێررێن ٠

جا پاش ئەوە خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد ئەو کەسە لە ئوممەتی ئەهلی کیتابو غەیری ئەوان پشت هەڵبکا لە حەق ئەوە بە فاسقو خاریج لە دین ئەناسرێ ، بە صوورەتی پرسیاری ئیستینکاری فەرمووی :

﴿ أَفَغَيْرَ دِينِ اللهِ يَبْغُونَ ؟! ﴾ :

ئایا ئەم جوولەکانەو ئەم گاورانە داوای غەیری دینی خودا ئەکەنو بە دینی خودا رازی نابن ؟!

﴿ ولَهُ أَسْلَمَ مَنْ في السَّمواتِ والأرْضِ طَوْعاً و كَرْهاً ﴾ :

وەلحاڵ هەر بۆ خودا ئینقیادو ملکەچی ئەکا هەر عاقڵێ لە ئاسمانا بێ یا لە عەرزا بە خۆشی دڵی خۆی یا بە ناڕەزاییو زۆرداری ئەوەی لە ئاسمانا بە خۆشی خۆی موسوڵمان بووبێ مەلائیکە (کافە)و ئەوەی بە زۆرو ناچاری لە ئاسمانا موسوڵمان بووە ئەو جینناتەن کە چاریان نەماو لە ترسی عەزابی خودا موسوڵمان بوون ، وە ئەوەی لە عەرزا بە خۆشی دڵی خۆیان

موسوڵمان بوون بازێ ئادەمیزادو بازێ (جین)پـەری بوون ، وە ئەوەیش کە بە ناحەزی موسوڵمان بووبێ ئەو ئینسانانـــەو ئەو جیننانـــەن کە چاریان نەماوەتەوەو مەجبووری ئیسلامیـەت بوون •

عەکرەمە فەرموویەتی : موسوڵمانبوون بە خۆشی دڵ بـــۆ موسوڵمانێکە داوای دەلیلی نەکردبێو بە چاوپێکەوتنی رەسوول ئیمانی هێنابێ ، وە موسوڵمانبوونـــی بـــەزۆرداری بـــۆ موسوڵمانێکە کە بە هۆی دەلیلەوە ناچار بووبێ بۆ ئیسلامیەت •

﴿ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴾ : (٨٣)

وە ئەمانە هەموو ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خودا •

﴿ قُلْ : آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَـــلى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحٰقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمـــا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴾ : (٨٤)

واتە : ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بۆ دەربڕینی ئیمانی راستی بێگرێ هەتا هەموو کەسێ تێ بگا : ئیمانمان هێنا بەخودای تەعالا بە زاتو سیفاتو بە ئەفعالی ، وە بەوەی لـــە لایەنی خوداوە نازڵکراوە بەسەر ئێمەدا وە ئەوەی نازڵکراوە بۆ سەر ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو نەتەوەکانیو بەو کتێبەی دراوە بە موسا کە تەوراتەو بەو کتێبەی کە دراوە بە عیسا کە ئینجیلەو بەو کتێبانەی دراون بە پێغەمەرەکان لە لایەنی خودای خۆیانەوە ، وە ئێمە بە قەطعی فەرقو جیاوازی ناخەین لە بەینی هیچ یەکێ لەو پێغەمەرانەداو ئێمە ئیسلام بوویـــنو گەردنمان کەچ کردووە بۆ خودا •

﴿ ومَنْ يَبْتَغِ غَيرَ الأِسلامِ ديناً فَلَنْ يُقبَلَ مِنهُ ﴾ :

وە هەرکەسێ داوای دینێکی غەیری ئیسلام بکا کە دینی تەوحیدو خودابەیەکزانینە ئەوە بە قەطعی لێی قەبووڵ ناکرێ ٠

﴿ وهوَ في الآخِرَةِ مِنَ الخاسِرِينَ ﴾ : (٨٥)

وە ئەو کەسەیش لە پاشەڕۆژا زیان ئەکاو لە تاقمی زیانکردووەکان ئەژمێررێ ٠

فەرموودەی خودای تەعالا (کیف یهدي الله قوما٠٠الآیات):

ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەبباسەوە کە پیاوێ لە ئەنصار موسوڵمان بووە ، وە لە پاشا مورتەد بووو گەڕایەوە بۆ سەر کوفرو لە پاشان پەشیمان بووەوە لەم حاڵەو جوابی گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەی کە بڕۆن بۆ خزمەتی حەزرەت (د)و پرسیاری لێبکەن : ئایا من مەجالی تەوبەم هەیە تا بێمەوە بۆ ناو موسوڵمانەکانو تەوبە بکەم ؟ ئەوانیش چوونو عەرزی حەزرەتیان کرد ، پاش ئەوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە ٠

وە ریوایەتکراوە لە موجاهیدەوە ئەڵێت : حارثی کوڕی سووەید هات بۆ حوزووری حەزرەت (د) و موسوڵمان بوو پاش ماوەیێ گەڕایەوە بۆ سەر کوفرو رۆیشتەوە بۆ ناو قەومەکەی٠٠ جا ئەم ئایەتانە نازڵبوون ، وە پیاوێ لە تاقمی خۆی ئەم ئایاتانەی برد بۆ لایو خوێندییەوە بەسەریا ٠ جا حارث وتی بە کابرا : وەڵڵا ئەزانم کە تۆ پیاوی راساڵیو راست ئەکەیو

ئەزانم کە پێغەمەریش (د) راستگۆترە لە تۆو خودایش لـــە هەموان راستترە ٠ جا هاتەوە بۆ خزمەتـــی حـــەزرەت (د)و موسوڵمان بووەوەو ئیسلامیەتەکەی زۆر باش بوو ٠ (اخرجـه ابن المنذر وغيره) ٠ جا خودای تەعالا ئەفەرموێت :

﴿ كَيْفَ يَهْدِي اللهُ قَوماً كَفَرُوا بَعدَ إِيمانِهِم وشَهِدُوا أَنَّ الرَّسولَ حَقٌّ وَجاءَهُمُ البَيِّناتُ ؟ ﴾ :

واتە : چلۆن خوای تەعالا هیدایەتی تاقمێکی وەها ئەدا کە کافر بوونەوە لە پاش ئەوە کە ئیمانیان هێناو شەهادەتیان دا لە عالەما کە ریسالەتی پێغەمەر حەقەو راستەو چەن ئایاتـــی رووناکیشیان هاتەلاو باش حاڵیبوون لێیان ؟

﴿ واللهُ لا يَهْدِي القَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ : (٨٦)

بێگومان ئەو تاقمە ستەمگارن لەسەر خۆیانو دینو لەسەر ئەهلی دین وە خودایش هیدایەتی ستەمگاران نادا ٠

﴿ أُولئِكَ جَزاؤُهُم أَنَّ عليهِمْ لَعْنَةَ اللهِ والملئِكَةِ والنَّاسِ أَجمَعِينَ ﴾ : (٨٧)

ئەو تاقمە کە باسمانکردن جەزایان ئەمەیە کە لەعنەتـــی خوداو مەلائیکەی خوداو ئادەمیزادی موسوڵمانیان لە سەرە بـــە تێکڕایی ٠

﴿ خالِدِينَ فِيها لا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ العَذابُ ولا هُم يُنْظَرُونَ ﴾ : (٨٨)

وەها قەرارو بڕیار دراوە کە هەتا هەتایە ئەمێننەوە لـــە

دۆزەخا کە تێیکەوتوون بە هۆی ئیستیحقاقی لەعنەتەکـــەوەو عەزابیان لەسەر سووك‌ناکرێو مۆڵەتیان نادرێ چەن ساتێ لـە عەزاب دووربکەونەوە •

﴿ اِلا الَّذینَ تابُوا مِنْ بَعْدِ ذلِكَ وأَصْلَحُوا ﴾ :

ئیللا ئەو کەسانەیان نەبێ کە پەشیمان بوونەوە لـــــەو کوفرەو لە پاش پەشیمانیەکەیشیان مەشغووڵی کاری باش بوون بە نەوعێ کە ئیصلاحی ئەو وەزعە ناشیرینەیان کرد کە بـــە سەریانا هاتبوو ، واتە ئەوەندە موسوڵمانێکی باش بوون کـــە وەزعی پێشوویان فەرامۆش کرد •

﴿ فَاِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحیمٌ ﴾ : (٨٩)

ئەوە بە راستی خوداگوناهـپۆشو میهرەبانە •

فەرموودەی خودا (ان الذین کفروا •• الآیة) :

قەتادەو حەسەنی بەصری فەرموویانە : ئەم ئایەتە نازڵبووە لە یەهوودیەکانا کە کوفریان کرد بە ریسالەتی عیسا پاش ئـــەوە کە ئیمانیان هێنابوو بە پێغەمەرەکانی خۆیانو لە پاش ئـــــەوە تەئکیدی کوفرەکەی خۆیانیان کرد بە هۆی کوفر بە محەمەد (د) وە بە قورئـــان •

وە ئەبولعالیە ئەڵـێ : نازڵبوو لـــە یەهوودو نەصارادا ، کوفریان کرد بە محەمەد (د) پاش ئەوە کە ئیمانیان بوو بـــە سیفەتو مەناقیبەکەی کە لە ناو کتێبەکانیانا بوو ، وە لە پاشان کوفریان زیاد کرد بە هۆی دەوامیان لەسەر عەنادو دوژمنایەتی

دینی ئیسلام ٠

وه موجاهید ئەڵێ : نازڵبوو لە هەموو سنفێ لەو کافرانـــە کە شەریکیان بڕیارداوە بۆ خودا لە پاش ئەوە کە ئیمانیان بوو بەوە کە خودا خالیقی ئەوانە ، وە لە پاش ئەوەیش کوفریـــان زیادی کرد بە هۆی دەوامیان لەسەر کوفرو تازەکردنەوەی کوفر لە هەر کاتێکا ئایەتێ لە ئایاتی خودایـــان دەرككردووە ٠ وە قەبووڵ نەبوونی تەوبەی ئەمانە لە کاتی مردندایە کە نائومێـد بوون لە حەیات ٠ جا خودا فەرمووی :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ﴾ :

بە راستی ئەو کەسانەی کە کافربوون بە پێغەمەرایەتـــی عیسا لە پاش ئەوە کە ئیمانیان هێنابوو بە پێغەمەرایەتـــــی حەزرەتی موسا ٠

﴿ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا ﴾ :

لە پاش ئەوەیش کوفریان زیادکرد لەسەر خۆیان بە هـۆی کافربوون بە پێغەمەرایەتی حەزرەتی محەمەد (د)و بە قورئانی شەریف ٠

﴿ لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ ﴾ :

ئەوە بە قەطعی تەوبەیان لێ قوبووڵ ناکرێ مادام لەســەر ئەو حاڵەتە ناهەموارە بمێننەوە ٠

﴿ وَأُولَئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ ﴾ : (٩٠)

وە ئەو تاقمە ئەوانەن گومڕای راستەقینە ، نەك ئەو کەسانە

که له ئەنجاما بگەڕێنەوە بۆ سەر حەق‌و ئیسلام ؛ چونکی لـــــە غەیری کاتی نائومێدیدا هەرکەسێ موسوڵمان ببێ یا تۆبە بکـا ئەوە وەرئەگیرێ ٠

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ ﴾ :

بە راستی ئەو کەسانە کە کافربوون بە ریسالەتی پێغەمەران‌و بەو کتێبانە کە خودا ناردوونی بۆیـــان ، خواه کافر بن بـــە هەموویان یا بە یەکێکیان‌و مردن لەسەر ئەو کوفرە ٠

﴿ فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِمْ مِلْءُ الْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ ﴾ :

ئەوە قەبووڵ ناکرێ‌و وەرناگیرێ لە یەکێ لەوان پڕ بـــەم عەرزە ئاڵتوون کە بیکا بە خێر لە دنیادا وە یاخود بیدا بــــــە فیدیەی نەفسی خۆیا لە رۆژی قیامەتا بۆ ئـــەوە کــــە عـــەزاب نەدرێ ٠

﴿ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ :

بۆ ئەوانە عەزابێکی ئازاردەرو ئێشگەیێن بە لەشـــــیان هەیە ٠

﴿ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴾ : (٩١)

وە نیە لەبۆ ئەوان کەسانی وا یارمەتییان بدا بۆ رزگاربوون لەو عەزابە ٠

لێرەدا دوو پرسیار هەیە ؛ یەکەم : ثابت‌بووە بە نەصـــی ئایەتی (وهو الذي يقبل التوبة عن عباده ويعفو عن السيئات) کە هەرکەسێ تەوبە بکا خودا تەوبەی لێ قەبووڵ ئەکا ، کەوابێ

چۆن لە ئایاتی پێشوودا خودا فەرموویەتی (لن تقبل توبتهم) ؟ جوابی ئەم پرسیارە ئەمەیە ئەو تەوبەیە کە قەبووڵ ناکرێ ئەوەیە کە لە کاتی مردندا بێ لەو ئەنجامەدا کە نائومێد بێ لە ژیان ئەگەرنا هەموو تەوبەیێ قەبووڵ ئەکرێ ٠

دووهەم پرسیار ئەمەیە : کە فیدیەدان لە رۆژی قیامەتا چۆن‌نەبێ ؟ لەگەڵ ئەمەدا کە رۆژی قیامەت ڕۆژی تۆڵەدانەوەیەو بەس ، وەقیامەت چۆن ئەبێ بە شوێنی پارە تەسلیم‌کردن بۆ رزگاربوون لە عەزاب ! جوابی ئەمەیش بە دوو جۆرە ؛ یەکەم : مەعنای ئایەتەکە وایە : کە بۆ رزگار بوون لە عەزابی کوفر لە قیامەتا ئەگەر لە دنیادا پڕ بەم عەرزە ئاڵتوون بدا بە خێر بە داماوان خودا قەبووڵی ناکا ، وە هەرچی کردووە لە دنیادا بێ نرخە ٠ جوابی دووهەم ئەمەیە : ئەم عیبارەتە بۆ تەئکیدە لەسەر رزگار نەبوون بە شێوەو یاسای دنیا لە قسەکردنا ، واتە لە دنیادا بۆ کەسێ کە رزگاربوونی لە عەزابێ مەحاڵ بێ ، خەڵك ئەڵێن : پڕ بە دنیا ئاڵتوون بدا رزگار نابێ ، ئەم ئایەتەیش لەسەر ئەو یاسا هاتووە ئیتر مەبەس ئەوە نیە کە لە قیامەتا پارە هەیە وە بە پارە خەڵك خۆیان رزگار ئەکەن ٠

جا لە کاتێکا خودای تەعالا فەرموویی : کافرەکان ئەگەر پڕی دنیا ئاڵتوون سەرف بکەن رزگار نابن ، وە طەبعەن سەرفکردنی ماڵ ئەبێ سوودی هەبێ بۆ موسوڵمانان ٠٠ خودا تەرغیبی کردن لەسەر سەرفی ماڵی باش بۆ ئەوە خێری زۆریان پێ بگات ، وە فەرمووی :

﴿ لنْ تَنالُوا البِرَّ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان بزانن ناگەن بە حەقیقەتـــی ئەوابو خێری کامڵو رەسا •

﴿ حتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ﴾ :

هەتا سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا لەو ماڵو دارایيە کـە ئێوە خۆشتان ئەوێ ، وە یا لەو شتانەی کە ئێوە خۆشتان ئەوێ ؛ ماڵ بێ وەکوو ئاڵتوونو زیوو بەرگو پۆشاكو خواردەمەنی ، وە یاخود غەیری ماڵ بێ وەکوو سەرفی جاهـو شان لە رێگـەی خوداداو بە هۆی قیمەتو نرخی خۆی داماوێ لە شەڕێ بپارێزی، وە یاخود داماوێ دابمەزرێنی لەسەر کارێ ببێ بە هۆی ژیانی ، وە یـا بە زمان ئامۆژگاری موحتاجان بکەی ، وە یاخود بە لەش خزمەت بکەی ؛ مەثەلا یارمەتی کەسێ بدەی لە تەواوکردنـــــی کارێکی خێرا ، وە یاخود رۆحت لە رێگەی خودادا سەرف بکەی لە جیهادی کافرانا •

ریوایەتکراوە کاتێ ئەم ئایەتە بەرزە نازڵبوو ئەبو طەلحە هات بۆ حوزووری پێغەمەر (د) عەرزی کـــرد : یـا رەسولەللا مەحبووبترینی ماڵی من عیبارەتە لە (بیرحاء) کە عیبارەت بووە لە باغێکی باش لە شاری مەدینەی مونەووەرەدا بــە ئارەزووی خۆت بە کێی ئەدەیو چیپێ ئەکەی بیکە • ئەویش فەرمووی : بەخ بەخ ماڵێکی قازانجدار ! وە من وا بە باش ئەزانم بیدەی بـە خزمو خوێشەکانت •

وە زەیدی کوڕی حاریثەیش ئەسپێکی هێنا بۆ خزمەتـی حەزرەت فەرمووی : بیدە بە هەرکەسێ مەیلت هەیە • ئەویش دای بە ئوسامە،زەید عەرزی کرد من مەبەسم ئەوە بوو بیکەی بە

سەدەقە ، جا حەزرەت (د) فەرمووی : بە راستی خودا قەبووڵی کرد لێت ٠

﴿ وما تُنْفِقوا مِنْ شَيءٍ فَاِنَّ الله بهِ عَليمٌ ﴾ : (٩٢)

وە ئەوەی سەرفی بکەن لە هەر شتێ بێ ئەوە بە راستی خودای تەعالا عالمو زانایە بە سەرفی ئەو شتەو جەزات ئەداتەوە لە سەری کەم بێ یا زۆر ٠ چاك بێ یا خراپ ، جا با زۆر بێو چاکیش بێ هەتا لە رۆژی قیامەتا قازانجی باشی هەبێ بۆ خۆتو خودات لێ رازی بێ "

فەرموودەی خودای تەعالا (کل الطعام کان ٠٠ الآیة) :

ئیمامی واحیدی ریوایەتی کردووە لە کەلبییەوە کاتێ حەزرەت (د) فەرمووی بە یەهوودییەکان : من لەسەر میللەتی ئیبراهیمم ، یەهوودییەکانوتیان چلۆن تۆ لەسەر میللەتی ئەوانی (مع انه) تۆگۆشتی وشتر ئەخۆیتو شیری وشتر ئەخۆیتەوە ؟! حەزرەت (د) لە جوابا فەرمووی : ئەم گۆشتەو ئەم شیرە حەڵاڵ بوون بۆ ئیبراهیمو ئێمەیش بە حەڵاڵیان ئەزانین ٠ یەهوودیەکانیش لە موعارەزەدا وتیان : هەر شتێ ئێمە ئیمڕۆ نەیخۆینو حەرامی بکەین ئەوە حەرام بووە لە زەمانی نووحو ئیبراهیمدا هەتا ئیمڕۆ ٠٠ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە بۆ تەکذیبی جوولەکەکانو فەرمووی :

﴿ كُلُّ الطَّعامِ كانَ حِلاً لِبَني إسْرائيلَ إلا ما حَرَّمَ إسرائيلُ على نَفْسِهِ مِنْ قَبْلِ أنْ تُنَزَّلَ التَّوْراةُ ﴾ :

واتە هەموو خواردەمەنییەك حەلاڵ بوو بۆ بەنی ئیسرائیل ئیللا ئەوەی نەبێ کە ئیسرائیل (یەعقووب) حەرامی کــرد لەسەر خۆی لە پێش ئەوەدا کە تەورات نازڵببێ ٠

ئیبن‌و عەبباس ئەفەرموێت : حەزرەتی یەعقووب گیرۆدەی دەردی (عرق النسا) بو ـ کە ئێشێکە وا لەرەگی سێ‌بەنـدەی ئینساناو ئەو ئێشە جار بەجار بە هۆی رەگەوە بە لای راسـتا دێتەخوارو جار بە جار بەلای چەپدا دێتەخوار تا ئەگاتە پەنجەی پێ ـ جا حەزرەتی یەعقووب لە بەر ئەوە کە دوکتۆرەکان لەو رۆژەدا مەنعی ئەو گۆشتەیان لێ‌کرد حەرامی کرد لەسەر خۆی وە خواردنی ئەم گۆشتە حەرام نەبووە لەسەر غەیری یەعقووب‌و قسەی جوولەکەکان کە ئەڵێن هەر لە پێش یەعقووبا حــەرام بوەو هەر بەو جۆرە ماوەتەوەو لە تەوراتا ئەڵێ حــەرامە ٠٠ قسەیەکی ناڕاستە ٠

﴿ قُلْ : فَأْتُوا بِالتَّوراةِ فَاتْلُوها اِنْ كُنتُـــمْ صادِقِين ﴾ : (٩٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ بە جوولەکەکان : ئێوە تەورات بێنن‌و بیخوێننەوە تا حەق دەربکەوێ ئەگەر راســت ئەڵێن‌و ئێوە راست‌ئەکەن ٠

﴿ فَمَنِ افْتَرى على اللهِ الكَذِبَ مِنْ بَعدِ ذلِـــكَ فَأولئِكَ هُمُ الظّالِمونَ ﴾ : (٩٤)

جا ئیتر هەرکەسێ درۆ هەڵبەسێ بەسەر خــوادا ، بڵێت : فلاَن شتی حەرامکردووەو فلاَن شتی حەلاڵکردووە بە درۆ ئەوە ئەو کەسانە ستەمگارو نابارن ٠

﴿ قُلْ : صَدَقَ اللهُ فَاتَّبِعُوا مِلَّةَ إِبراهيمَ حَنِيفاً وما كانَ مِنَ المُشْرِكِينَ ﴾ : (٩٥)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ پێیان : خودا راست ئەکا کە فەرموویەتی هەموو خواردەمەنییەك حەڵاڵ بووە ئیللا ئەوە نەبێ کە ئیسرائیل حەرامی کرد لەسەر خـــۆی ، دەی ئێوەیش بکەونە شوێن ئادابی ئیبراهیم کە حاڵی وابووە لای داوە لـــە هەرشتێ کە بەتاڵ بێو رووی کردووەتە خودای تاقو تەنیاو لە جوملەی موشریکەکان نەبووە •

فەرمورودەی خودا : (ان اول بيت وضع •• الآية) :

هۆی نازڵ بوونی ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە جوولەکەکـــان وتیان بە موسوڵمانەکان : (بيت المقدس) گەورەترە لە (كعبة الله) ؛ چونکی شوێنی گردەوەبوونی پێغەمەرەکانەو قیبلـەی ئەوانەو لە عیبادەتا روویان لەوێ کردووەو وا لە ناو عـەرزی پیرۆزو مەحشەرگادا •• وە ئەو قسە گەیشت بە حەزرەت (د) جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون •

﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّـــةَ مُبارَكاً وهُدىً لِلْعالَمِينَ ﴾ : (٩٦)

واتە : بە راستی یەکەم هۆدەیێ دانرابێ لەسەر عەرزا بۆ خوداپەرستی ئەو هۆدەیەتە کە لە شاری (مەککە) دایە کە حاڵی وایە خاوەن بەرەکەتو پیرۆزە لەلای خودای تەعالاوە ؛ چونکە شوێنی طەوافە بۆ هەموو موسوڵمانێو مەقامـــی ناوبردنو

یادکردنی خودایەو سەبەبی هیدایـــەتو شارەزابوونە بـــۆ ڕێڕەوانی ڕاسی عالەم ٠

بوخاریو موســـلیم (خ) ڕیوایەتیان لـــە ئـــەبوزەڕی غـــەفاری (خ) کـــردوە فەرمووی : پرسیارکرا لـــــە حەزرەت : کام خانوو یەکەم جار دروستکراوە بـــۆ خوداناسی لە عالەمدا؟جا حەزرەت (د) فەرمووی:مزگەوتی حەرام لە پاشان (بیت المقدس) ، عەرزیان کرد : چەند ساڵ لە بەینی بینـــای ئەم دوو مزگەوتەدا بوو ؟ حەزرەت فەرمووی : چل ساڵ ٠

جا ئەم فەرموودەی حەزرەتە بە(مشکل) دانراوە ؛ چونکە (بیت المقدس) بینای داوودو سولەیمانە (د)و لە بەینی ئەوانو ئیبراهیمدا موددەتێکی زۆر هەیە ٠ جوابی ئەم ئیشـکالە دوو شتە ؛ یەکەم ئەمەیە : لە ئەساسا حەزرەتی ئیبراهیم پاش ئەوە کە خانووی کەعبەتوڵڵای کردەوە بـــە مـــاوەی چل ســـاڵ بەیتولمەقدیسیشی کردەوە ، بەڵام حەزرەتی داوود لە زەمانـــی خۆیا ئەو شێوەی بینای ئیبراهیمەی گۆڕیو بە شێوەیەکی عـــال کردییەوەو ، پاش وەفاتی داوود سولەیمان بیناکـــــەی تەواو کرد ٠

جوابی دووەم ئەمەیە : کە قابیلە یەکێ لە پێغەمەرانـــی قەدیم بە چلساڵ پاش بینای کەعبەتوڵڵا بە چل ساڵ بینـــای بەیتولمەقدیسی کردبێتەوە ٠

﴿ فِیهِ آیَاتٌ بَیِّنَاتٌ مَقَامُ إِبرَاهِیمَ ﴾ :

واتە : لەم خانووە دروستکراوەدا چەن ئایاتو نیشانەی گەورەی تێدایە کە هەموو ئەبن بە دەلیل لەسەر گەورەیی زاتـــی باری تەعالا :

یەکەم : بەراوردکراوە هەرکەسێ قەسدی وێرانکردنی ئەو بەیتەی هەبێ خودا زو هیلاکی ئەکا وەکوو ئەصحابولفیل‌و غەیری ئەوانیش •

دووهەم : دڕندەی کێوی‌ی زیان نادا لە حەیواناتی ئەو حەرەمەو ئەترافی حەرەم وەکوو مەعلوومە •

سێهەم : پەلەوەر بەسەر کەعبەدا نافڕێ • وە مەقامی ئیبراهیم چوارەمینی ئەو ئایاتەیە کە جێگەی هەردوو پێی حەزرەتی ئیبراهیم قوول بووە لەو بەردەدا کە لە سەری راوەستاوە لە کاتی دروستکردنی کەعبەتوڵڵادا •

﴿ ومَن دَخَلَهُ كان آمِناً ﴾ :

وە یەکێ تر لەو ئایەتانە ئەوەیە هەرکەسێ بڕواتە ئەو بەیتە یا بڕواتە مەطافی ئەو بەیتەوە مەناسیکی تێدا جێ‌بەجێ بکا لە سەر یاسای شەرع خودا ئەمینی ئەکا لە عەزاب‌و ئازاری دۆزەخ •

﴿ وللهِ على النَّاسِ حِجُّ البَيْتِ مَنِ استَطَاعَ إليهِ سَبِيلاً ﴾ :

وە بۆ خودا هەیە بەسەر هەموو ئینسانێکی موکەللەفەوە کە تەوانای طەیکردنی ئەو رێگەی ببێ حەجکردنی ئەو کەعبەی موعەزەمە • (زادها الله شرفا) •

وە ئەو ئیستیطاعەو تەوانایی رێگەیە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی (خ) عیبارەتە لە دارایی‌و ماڵداری ، بۆیە فەرموویەتی کەسێ لەشی بیمار بێ‌و نەتوانێ خۆی بڕوا فەرزە

لەسەری یەکێ بنێرێ لە باتی ئەو حەج بکا • وە ئەمینی رێگەو نەبوونی ئەو شتانە کە مەنعی ئینسان ئەکەن لە رۆیشتن بـــۆ حەج ، لە لای ئیمامی شافیعی ، لە شورووطی واجببوونـــــی حەجە •

﴿ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ ﴾ (٩٧)

وە هەرکەسێ کوفر بکا بـــە واجببوونی حـــەج‌و بڵێت حەجکردن واجب نیە ئەوە خودا غەنییەو بێ ئیحتیاجە لـــــەو کەسە ؛ چونکی خودا بێ باکەو بێ ئیحتیاجە بە عالەم ، وە ئەم عیبارەتە کینایەیە لە هێزی تەهدیدو هەڕەشەکردن لەوانە کـە ئیهمالی حەج ئەکەن‌و تەرکی حەج ئەکەن پاش ئیستیطاعـــەو تەوانایی • بۆیە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (من مات ولـــم یحج فلیمت ان شاء یهودیا أو نصرانیا) : واتە : کەسێ بمرێ‌و حەجی نەکردبێ ئەوە با بمرێ بە جوولەکەیی یا بە گاوری • ئەگەرنا لەسەر فەرموودەی ئیمامەکان مادام ئینسان ئیمـــان‌و باوەڕی ببێ بە دڵ بەوە کە ئەو عیبادەتە فەرزە ئەوە بە هـــۆی تەرکی ئەو عیبادەتەوە بە کافر ناناسرێ ، ئەگەرچی خاوەنـــی گوناهی گەورەیە وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیم لە باسی نوێژا ئەم مەوزووعەی بەیانکردووە •

وە ریوایەتکراوە کاتێ ئایەتی (ولله علی الناس حـــج البیت) نازڵبوو حەزرەت (د) ئەهلی هەموو میللەتەکانـــــی گردکردەوە لـــە جوولەکەو گـــاورو صـــوببی‌و موشـــریك‌و موسوڵمانەکان‌و خوتبەی بۆ دان‌و فەرمـــووی : (ان الله کتب علیکم الحج ، فحجوا ، فآمنت به ملة واحدة وکفرت بـــه خمس

ملل ، فنزل : ومن كفر فان الله غني عن العالمين) • زاهيرا ئەو پێنج میللەتە کە باوەڕیان بە وجووبی حەج نەکردووە عیبارەتن لـــە : یەهوودو ، نەصرانـــیو ، صوبیـــیو ، مەجـــووسو ، موشریکەکانی ولاتی حیجاز •

﴿ قُلْ : يا أَهْلَ الكِتابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بآياتِ اللهِ واللهُ شَهِيدٌ على ما تَعْمَلُونَ ؟ ﴾ : (٩٨)

جا لە بەر ئەوە کە ئەهلی کیتاب زورمەی کافرە زاناکانی ئەو رۆژە بوونو زۆر دوژمنایەتیو نابارییان کردوە بەرابەر بە دینی ئیسلام خودا زورمەی هەڕەشەی لەوانە کردووە • واتە ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی ئێوە ئینکاری ئەو ئایەتانە ئەکەن کە لە لاتانا هەیەو دەلالەت ئەکەن لەسەر سیفاتی پێغەمـــەری ئاخرزەمان کە محەمەدە (د)و حەق وابوو ئێوە بێن حەق دەربخەن لە عالەم ؟ وە بۆچی هەر ئایەتێ حوکمێ لە ئەحکامی ئیســــلام دەربخا وەکوو حەجو غەیری ئەو ئەڕۆن ئینکاری ئەکەن (مـــع انه) لەبەر زاناییەکەتان پێویست بوو یارمەتی بدەن ؟ ئیستە کە وەها نین خودا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەنو جەزاتان لێ ئەستێنێ •

﴿ قُلْ : يا أَهْلَ الكِتابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ مَنْ آمَنَ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ : ئەی خاوەن کتێبەکـــان بۆچی ئەوانە کە ئیماندێنن بە خوداو بە پێغەمەری خوداو دینی ئیسلام وەرئـــەگرن ئێوە مەنعیان ئەکەن لە رۆیشتن بە رێگەی خودادا •

﴿ تَبْغُونَها عِوَجاً ﴾ :

حاڵتان وا ناباره که ئەو ڕێگەی خودایەو ئەو دینه جوانه ئێوه لاری ئەکەن ، وه ناشیرینی ئەکەن له پێش چاویانا بۆ ئەوه هەرکەسێ پیایا ئەڕوا لابدا لێیو هەرکەسێ هێشتا نەکەوتووەته سەری لێی دوور بکەوێتەوه ٠

﴿ وأَنْتُمْ شُهَداءُ ؟ ﴾ :

وەلحاڵ ئێوه کۆمەڵێکن ئاگادارن لەسەر ئەوه که ئەو پێغەمەره حەقەو دینەکەی ڕاسته ؟

﴿ وما اللهُ بِغافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ : (٩٩)

وه به ڕاستی خودا بێئاگا نیه لەو ئیشه ناپەسەندانه که ئێوه ئەیکەن ٠

فەرموودەی خودا (یا أیها الذین آمنوا ان تطیعوا) هەتا ئاخری شەش ئایەت ٠٠٠

ریوایەتکرواه له زەیدی بنی ئەسلەم فەرموویه : (شاس) کوڕی (قەیس)ی یەهوودی ، که پیرێکی کۆنەساڵ بوو له دینی یەهوودیدا ، گەلێ رقی له موسوڵمانەکان بوو ، ڕۆژێ ڕابورد بەلای کۆمەڵێ له موسوڵمانانا له قەبیلەی (اوس) و (خزرج) به خۆشی به یەکەوه دانیشتبوون ، ئەویش زۆر دڵگران بوو لەم ڕێکەوتنی ئەو دوو هۆزه ٠ جا وتی به جوانێکی یەهوودی لەگەڵیابوو وتی : بڕۆ بۆ ناویانو باسی جەنگی ڕۆژی (بعاث)

بکە لە ناویانا کە ئەوس‌و خەزرەج بە گژ یەکا چوون ·· بەڵکوو ئەو داخە تازە ببێتەوەو بچنەوە بەگژ یەکا ! جوانەکە رۆیشت‌و فیملەن هەردوو تاقمەکەی دا بەشەڕو وادەیان دا بەیەك کە چەك هەڵبگرن‌و بڕۆن بۆ قەراخی مەدینەو لەویا شەڕ بکەن !! کـــە حەزرەت (د) بەم فیتنەیە زانی لەگەڵ بازێ لە ئەسحابەکانـــا رۆیشت کەوتنە ناویان‌و گەلێ ئامۆژگاری کردن هــەتا ئارام بوونەوەو ئاشتی‌کردنەوە · جا ئەم ئایەتانــە هاتنەخوارەوە · هەرلەوشوێنا حەزرەت بە دەنگی بەرز خوێندنیەوە بەسەریاناو هەموو گوێیان راگرت‌و بازێکیان دەستیان کرد بـــە گریان‌و هەرکەسێ چەکی لەلا بوو چەکەکەی فڕەداو دەستیان‌کردە ملـــی یەك ·

﴿ یا أَیُّها الَّذینَ آمَنوا إِنْ تُطِیعوا فَریقاً مِنَ الَّذینَ أوتوا الکِتابَ یَرُدُّوکُمْ بَعدَ إِیمانِکُمْ کافِریـــنَ ﴾ : (۱۰۰)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا ئەگەر ئێوە بێن فەرمانبەرداری تاقمێ لە خاوەن کتێبەکان بکەن ئەتانگێڕنەوە بۆ سەر کوفر پاش ئەوە کە ئیمانتان هێناوە ·

﴿ وکَیْفَ تَکْفُرونَ وأَنْتُمْ تُتْلی علَیْکُمْ آیاتُ اللهِ وفیکُمْ رَسولُهُ ؟ ﴾ :

وە چلۆن ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفرو ئەبنەوە بــە کافر ، وەلحـــاڵ ئێوە بـــە ئیستیمرار ئایاتـــی خوداتان بەســەرا ئەخوێنرێتەوەو پێغەمەری خودا لە ناوتانایە ؟ واتە لەگەڵ ئــەم هەموو شتانە کە هێز ئەدەن بە دینتان چۆن ئێوە تابیعـــی فڕو

فێڵی جولەکەکان ئەبنو لەناو خۆتانا تێك ئەچنو دینەکەتان بەرباد ئەکەن ؟

﴿ وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللّٰهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾ : (١٠١)

وە هەرکەسێ دەست بگرێ بە خودای تەعالاوەو بکەوێتە شوێن یاسای دینی ئەو ئەوە بە راستی شارەزاکراوە بۆ رێگەی راست ، وە هەرکەس بەسەر رێگەی راستا بڕوا بە سەلامەتی ئەگا بە مەبەستی خۆی •

﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللّٰهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو بە پێغەمەری خودا تەقوای خودا بکەنو لە خودا بترسن بە حەقی تەقوای ساغ کە بریتییە لەوە لە تاوانباریو کاری ناپەسەند خۆتان دوور بخەنەوە ، وە هەرچی پێویستە لە دنیا بە دەوام جێبەجێیان بکەنو هەمیشە ئاگاداربن بەسەر دڵو حاڵو ماڵی خۆتانا هەتا لەپەنامەکیو لە ناکاوا شەیتان نەدا بە سەرتاناو بناغەی خانووی بەختیاریتان بدا بە ئاودا •

﴿ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ (١٠٢)

وە مەمرن ئیللا بە حاڵێ کە ئێوە موسوڵمان بن ، واتە : ئەوەندە تێکۆشن کە فیعلەن دین ببێ بە ماڵتانو لەسەر رووی دڵ ببێ بە خاڵی دامەزراو هەتا هەر ئانێ گیانتان دەربچێ لەگەڵ نیشانەی ئیسلامییەتا بمرن •

﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللّٰهِ جَمِيعاً ﴾ :

وه هەمووتان دەستبگرن بە رشتەی رابیتەی عەهـــــدو پەیمانی خوداوە کە دینی ئیسلامە ؛ چونکی ئەو دینە ئێوەی لـە بلاوی گردکردووەتەوەو لە تەنگانەیی ئێــوەی رزگارکردووەو کردوونی بە برا بۆ یەکترو لە بێپەیوەندییەوە ئێوەی کردووە بە خاوەن پەیوەند بە هۆی یەك مەبدەئییەوە ـ هەمووتان ٠

﴿ ولا تَفَرَّقُوا ﴾ :

وه جیامەبنەوە، لە یەکو جیامەبنەوە لە خزمەتی حەق ٠

﴿ واذْكُرُوا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعداءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ ﴾ :

وه باسی نیعمەتو کەرەمی خودا بکەن لەسەرتان ؛ چونکی ئێوەی خستە یەکو ئولفەتو خۆشەویستی خستە ناو ئێوەوە لەو کاتەدا کە دوژمنی یەکتربوون ٠

﴿ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْواناً ﴾ :

وه بوون بە برای یەکتری بە هۆی نیعمەتی ئیسلامەوە ٠

﴿ وكُنْتُمْ على شَفا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْها ﴾ :

وه ئێوە لەسەر قەراغی چاڵی پڕ لە ئاگری دۆزەخ بوونو رزگاری کردن لەو ئاگرە ٠

﴿ كَذلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُــمْ آياتِــهِ لَعَلَّكُــمْ تَهْتَدُونَ ﴾ : (١٠٣)

ئا بەم جۆرە بە رووناکی خودا بەیانی دەلائیلی گەورەیــی

خۆی‌و میهره‌بانی له‌سه‌ر ئێوه‌ ئه‌کا به‌ ئومێدی ئه‌وه‌ که‌ شاره‌زای رێگه‌ی به‌ختیاری ببن ·

﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ ﴾ :

با هه‌میشه‌ کۆمه‌ڵێ له‌ ئێوه‌ ببێ که‌ ئاده‌میزاد بانگ بکه‌ن بۆ چاکه‌ له‌ بیروباوه‌ڕاو له‌ کرداراو له‌ وتاراو له‌ خووو ره‌وشتا ·

﴿ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ :

وه‌ ئه‌مر بکه‌ن به‌ شتێ که‌ ناسراوو مه‌حبووب بێ له‌ ئیسلاما که‌ عیباره‌ته‌ له‌ واجبات‌و مه‌ندووبات ·

﴿ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ﴾ :

وه‌ نه‌هی بکه‌ن له‌ کردنی وتارو کرداری نه‌ناسراو له‌ دینا وه‌ نامه‌حبووب که‌ حه‌رام‌و مه‌کرووهه‌ ·

﴿ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ : (١٠٤)

وه‌ ئه‌و ئوممه‌ته‌ که‌ ئه‌م صیفه‌ت‌و ره‌وشتیانه‌ هه‌یه‌ هه‌ر ئه‌وانن رزگار له‌ عه‌زاب‌و گه‌یشتوو به‌خێر له‌ حوزووری خوادا ·

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ :

وه‌ وه‌کوو ئه‌و ئوممه‌تانه‌ مه‌بن به‌ بێ ده‌لیلی دینی جیابوونه‌وه‌ له‌ بیرو باوه‌ڕاو ئیختیلاف که‌وته‌ به‌ینیان له‌ ئوصوولی دین‌و موهیمماتی فورووعا به‌ هه‌وا ، وه‌کوو یه‌هوودو

نەصارا لە پاش ئەوە کە لە لای خوداوە گەلێ دەلیلی روو ناکیان بۆ هاتو حالی بوون (مع انه) چاویان لێ نا بە یەکاو دڵیان دوورخستەوە لە وەرگرتنیان لەبەر ئارەزووبازیو زەمانەسازی، وە یا وەرگرتنی مادەی دیاریو حورمەتی دنیاییو ساختەکاری.

﴿ وأولئِكَ لَهُمْ عَذابٌ عَظيمٌ ﴾ : (١٠٥)

وە ئەو کەسانە کە ئەم وەزعە ناپەسەندە ئەکەنو دەوام ئەکەن لەسەری هەتا ئەمرن عەزابێکی گەورەیان بۆ دیاریکراوە.

﴿ يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ﴾ :

ئەم عەزابەیان کە بۆ دێتە پێش لەو رۆژەدایە کە بازێ روخسار سپی ئەبێ وە بازێ روخسار رەش ئەبێتەوە لەبەر شەرمەساریو تاوانباری.

﴿ فأَمَّا الَّذينَ اسْوَدَّتْ وُجوهُهُمْ : أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إيمانِكُمْ ؟ فَذُوقُوا العَذابَ بِما كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾ : (١٠٦)

جا ئەوانەیان کە روویان رەش بووە ئەوە لە لایەنی مەلائیکەکانەوە پێیان ئەوترێ : ئایا ئەوە ئێوە گەڕانەوە بۆ کوفر لە پاش ئەوە کە ئیمانتان هێنا ؟ دەی سامادام وایە عەزابی ئەم رۆژە بچێژن بە هۆی کافربوونەکەتانەوە.

﴿ وأَمَّا الَّذينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفي رَحْمَةِ اللهِ هُمْ فيها خالِدُونَ ﴾ : (١٠٧)

وه ئەوانەیش کە روویان سپی بوەتەوەو پڕتەو ئەداتەوە ئەوە وان لە ناو رەحمەتو کەرەمـــی خـــودادا ، وه یا لەناو بەهەشتا کە جێگەی رەحمەتــــه ، وه ئەوان لــــەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتاهەتایە ٠

﴿ تِلْكَ آياتُ اللهِ نَتْلُوها عَلَيْكَ بِالحَقِّ ﴾ :

ئەم ئایەتانە کە رابوردن ئایاتێکن هاتوونەتە خوارەوە لە لایەنی خوداوەو ئەیانخوێنینەوە بە شێوەیێ کە حەقنو راستن ، یاخود ئەیانخوێنینەوە بەو شێوە کە نازڵبوونو هیچ شتێکیان تێکەڵ نەبووە ٠

﴿ وما اللهُ يُرِيدُ ظُلْماً لِلْعالَمِينَ ﴾ : (١٠٨)

وه لەوەدا کە وتمان بازە کەسێ بە رووڕەشی زینـــــدوو ئەکرێنەوە خودای تەعالا بە قەطعی خواستی لەسەر ستەم نیە لە ئەهلی عالەم ؛ چونکی لە لایەکەوە کاینات وا لـــە قەبـــــزەی قودرەتی خۆیاو هیچ حەقێ واجب نیە لە سەری هەتا زاڵم ببــێ بە نەقسی ئەو حەقەو ، مەنعیش ناکرێ لە کارێ هەتا زاڵم ببــێ بە کردنی ئەو شتە ٠ وه لە لایەکی تریشەوە لە یاسای حیکمەتی خۆی لانادا ، واتە کارەکانی ساغو موناسبو پڕحیکمەتن ٠ وه مادام وابێ کاری ئەو قەت مەوسووف نابێ بە زوڵم ٠

﴿ وللهِ ما في السَّمَوَاتِ وما في الأرضِ ﴾ :

وه هەر بۆ خودایە هەرچی وا لە ئاسمانو عـــــەرزا ، وه مادام وابو هەمووی مولکی خۆیەتیو مالیك ئەتوانێ هەمـــوو تەسەڕڕوفێ بکا لە مەملووکی خۆیا ٠ هەروا عالەم موسەخخەرو

رامه بۆ سەلطەنەتی ئەو وە پادشا ئەتوانێ هەموو فەرمانێ بدا بەسەر ژێردەستەی خۆیا ، وە کەسێ کە کائینات رامی ئەو بێ کارەکانی لە حیکمەت دەرناچن ؛ چونکی نەقسە بۆ پادشـــای کائینات کە خیلافی حیکمەت لە موڵکیا جاری ببێ ٠

﴿ وإلى اللهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ ﴾ : (١٠٩)

وە هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەمووکارێ ، جـــا هەرکەسێ لەسەر موناسبی خۆی تۆڵە وەرئەگرێ ٠

﴿ كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ :

ئێوە ئەی ئوممەتی محەمەد چاکترین ئوممەتێکن کە لــە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە دروستکراونو دەرکراون بـۆ پەیڕەوی پێغەمەرەکان ٠

﴿ تَأْمُرُونَ بِالمَعْرُوفِ وتَنْهَوْنَ عَنِ المُنكَرِ ﴾:

وە سیرڕی ئەو چاکیو چاکتری ئێوە ئەمەیە کە ئەمـــر ئەکەن بە بیروباوەڕو وتارو کردارێ چاك بێ لەسەر یاســـای دین ، وە نەهی ئەکەن لە هەر کارێ وە کرداری وە وتارێ کــە خیلافی فەرمانی شەرع بێ ٠

﴿ وتُؤْمِنُونَ باللهِ ﴾ :

وە لە حاڵی ئەو ئەمر بەچاکەو نەهیلەخراپەدا ئیمـــانو باوەڕتان هەیە بە خودا وە لەبەر خودا ئەو ئیشە ئەکەن ٠

﴿ ولَوْ آمَنَ أَهْلُ الكِتابِ لَكانَ خَيْراً لَهُمْ ﴾ :

وە ئەگەر هەموو خاوەن کتێبەکانیش ئیمانیان بهێنایـــێ

ئەوە ئەو ئیمانە زۆر باش ئەبوو بۆیان ؛ چونکە ئەگەیشتن بە پیرۆزی دینیو دنیایی بە تەواوی کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئامۆژگارییەدا ...

﴿ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾ : (١١٠)

بازێ لەوان خاوەن ئیمانن‌و زورمەیان فاسقو نابارو ناهەموارن .

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : باسی موخاتەب بە جوملەی (کنتم خیر أمة ...) ئەکەین ، ئاخۆ ئەمانە کێبن ؟ بازێ لە زاناکان فەرموویانە : موخاتەب ئەو موسوڵمانانەن کە لەگەڵ حەزرەتا (د) یا لە پاش کۆچی ئەوا لە مەکەی موکەڕەمەوە کۆچیان کرد بۆ شاری مەدینەی مونەوەرە ، وە بازێ فەرموویانە ئەمانە ئەو ئەصحابانەن کە حازر بوون لە جەنگی بەدرو ئوحودا .

وە فەرموودەی راست ئەمەیە : موخاتەب بەم ئایەتە جەمیعی ئوممەتی ئیجابەی حەزرەتە (د) جا حازرەکانیان لە وەختی خیتابەکەدا (بالذات) و غائیبەکانیان (بالتبع) . واتە روهەمرەفتە ئەم ئوممەتی حەزرەتی محەمەدە (د) لە هەرچی ئوممەتی پێغەمەرەکانی عالەمە باشترن ؛ چونکە لە ئەمر بەچاکەو نەهی‌لەخراپەو دەوام‌و ئیستیقامەت لەسەر حەق‌و ئیمانداری لە هەموو ئوممەتێکی تر پێشکەوتوون .

ترمذی ریوایەتی کردووە لە بوهزی کوڕی حەکیم ئەویش لە باوکیەوە ئەڵێ : (قال رسول الله صلی الله علیه وسلم : انکم تتمون سبعین أمة أنتم خیرها وأکرمها علی الله) واتە ئێوە . ئەی ئوممەتی محەمەد، هاتوون بە دوای حەفتا ئوممەتا لەو ئوممەتانە کە ئیمانیان هێناوە بە پێغەمەران وەکوو ئوممەتی عیســـاو موساو ئیبراهیمو نوح (د) لە هەموو ئەو ئوممەتانە گەورەترن .

وە ریوایەت‌کراوە لە ئەبوموســـای ئەشعەری (خ) لـــە حەزرەتەوە (د) ئەفەرموێت : حاڵی موسوڵمانان لەگەڵ حاڵـــی جوولەکەو گاورا وەکوو ئەوە وایە پیاوێ کۆمەڵەیێ بەکـــرێ بگرێ کە کاری بۆ بکەن لە سبەینێوە تا شەو .ئەوانیش هەتـــا نیوەڕۆ ئیشیان کرد ئیتر مانـــدوو بوون وتیان بـــە خاوەن کارەکە : ئێمە ئوجرەمان ناوێ ، ئەویش رۆیشت چەن عامیلێکی تری گرتو فەرمووی پێیان : ئێوە ئیشی ئەم رۆژە تەواو بکەنو هەرچی ئەمدا بە ئوجر، بەو شەخسانە ئەیدەم بە ئێوە ، ئەمانیش عەمەلەکەیان کرد هەتا نوێژی عەسرو وتیان بە خاوەن کـــرێ : ئەوەی ئێمە کردمان بۆ تۆ ، ئەویش رۆیشت کۆمەڵێکی تـــری گرت . ئەوانیش لە پاش عەسرەوە هەتا مەغریب ئیشیان کردو خاوەن کارەکە هەموو ئوجرەی عومماڵی ئەو ڕۆژەی پێدان .

وەلحاصڵ ئـــەم ئوممەتی حەزرەتی محەمەدە (د) لـــــەو رۆژەوە کە خودا دروستی‌کردن تا رۆژی قیامەت لـــــە کوللی قەرنێکدا لە ئوممەتی باقی پێغەمەران گەورەترن بە عیلـــمو عەمەلو سیفەتی مروەتو ئیستیقامەت لەسەر بەجێ‌هێنانـــی ئادابی ئیسلام .

وه له چــه‌ن رێگه‌وه ریوایه‌تکراوه کـــه حــه‌زره‌ت (د) فه‌رموویه‌تی : خودا حه‌فتا هه‌زار که‌سی پێداوم له ئوممه‌تی خۆم که داخلی به‌هه‌شت ئه‌بن به‌بێ حیسابو هـــه‌ر یه‌کێ له‌وانیش حه‌فتا هه‌زار که‌سی له گه‌ڵدایه ٠وه له‌و رۆژه‌وه دینی ئیســـلام دامه‌زراوه هه‌تا ئیمڕۆ له‌هه‌ر چه‌رخێکاو له هه‌موو ئه‌وزاعێکا ئه‌م ئادابی ئیسلامه که نوێژه‌و جه‌ماعه‌ته لــــه نوێژاو رۆژووه‌و حه‌جه‌و زه‌کاته له لایه‌نی به‌شێ له‌م ئوممه‌ته‌وه جێبه‌جێ کراوه٠

وه ئه‌م کیتابی خودایه که هاتووه بۆ ده‌ستووری دین بـــه مه‌حفووزی ماوه‌ته‌وه‌و خزمه‌تی کراوه ، هــه‌روا خزمه‌تـــی فه‌رمووده‌کانی حه‌زره‌ت کراوه‌و گه‌لێ له زانابه‌رزه‌کانی ئیسلام ژیانـــی خۆیانیان لـــه خزمه‌تکردنی سوننه‌تی پێغه‌مه‌را (د) سه‌رفکردووه ٠ وه به‌رابه‌ر به هه‌موو ئه‌ژبێکی جیهانـــی‌و هه‌موو بیدعه‌تو ئیفساداتێ که رووی کردووه‌ته دینی ئیسلام زاناکان تێکۆشیون‌و مه‌نعی ته‌جاوزاتیان به قه‌ی ئیمکان کردوه٠ وه مادام ده‌رکه‌وت که ئه‌م ئوممه‌ته باشترین ئوممه‌تن هــه‌روا واجبه بزانن که ئه‌صحابو یارانی حه‌زره‌ت (د) له هه‌مـــــوو چینی دوایی له ئوممه‌تی ئیسلام گه‌وره‌ترن ٠ له‌به‌ر چـــــه‌ن ده‌لیل :

یه‌که‌م ئه‌مه‌یه : ئه‌ووه‌ڵ چینێ که خودای ته‌عالا خیتابـــی له‌گه‌ڵ کردوون به (كنتم خير أمة أخرجت للناس) ئه‌وانن ، وه گه‌لێ ئایاتی قورئان تاریف‌و ئه‌نای کردوون به تێکڕایی‌و بـــه تاقم تاقمی تایبه‌تی ، وه‌کوو ئه‌و فه‌رمووده‌یه ئه‌ڵێ : (محمـــد رسول الله والذين معه اشداء على الكفار رحماء بينهـــم) وه

ئایەتی : (لقد رضی الله عن المؤمنین اذ یبایعونك تحت الشجرة فعلم ما في قلوبهم فانزل السكینة علیهم) ٠ وە ئایەتی : (والسابقون الاولون من المهاجرین والانصار والذین اتبعوهم باحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه) ٠

وە حەزرەت (د) تاریفی ئەصحابەكانی خۆی كردووە بە كۆمەڵ ، وەكوو ئەوە كە موسلیم ریوایەتی كردووە لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە (خ) فەرموویەتی : نوێژی مەغریبمان كرد لەگەڵ حەزرەتا (د) لە پاشان وتمان : دائەنیشین لە مزگەوتا حەتا نوێژی عیشایش ئەكەین ، تەماشامان كرد حەزرەت (د) لە هۆدەی خۆی هاتەدەرەوە فەرمووی : ئەوە هەر لە مزگەوتن ؟ عەرزمان كرد بەڵێ یا رەسولەڵلا ، وتمان دائەنیشین هەتا نوێژی عیشا ئەكەین ، فەرمووی : چاكتان كرد ٠ جا سەری بەرزكردەوە بۆ ئاسمان، فەرمووی : ئەستێرەكان ئەمانن بۆ ئاسمان كاتێ ئەستێرەكان نەمان ئاسمان نامێنێ ، وە من ئەمانم بۆ ئەصحابەكانم كە من نەمام ئەصحابەكانم گیرۆدەی فیتنە ئەبن، وە ئەصحابەكانم ئەمانن بۆ ئوممەتی من كە ئەصحابەكان نەمان ئوممەتەكەم گیرۆدە ئەبن ٠

وە ریوایەتكراوە لە حەزرەتەوە (د) فەرموویەتی : (خیر الناس قرني ثم الذین یلونهم ثم الذین یلونهم ٠٠ الحدیث) وە كافیە لەم بابەتەدا فەرموودەی حەزرەت : (لو انفق أحدكم مثل أحد ذهبا ما بلغ مد احدهم ولا نصفه) كە فەرمووی بەرابەر بە بازێ لە یارە (قریب العهد)ە كانی كە لەگەڵ بازێ لە یارە پێشووەكانیدا كەمێ نارێكی هەبوو٠واتە مادام نیسبەت بە تەفاوتی زۆر هەبێ لە بەینی دووچین لە خۆیانا ئەبێ نیسبەتی چینەكانی

پاش قەرنی تابیعین لەگەڵ ئەوانا زۆر دوورتر بێ ٠

وە ئەو حەدیثانە کە ئەبن بە هـــۆی گومانی ئەوە کــە موسوڵمانانی ئاخرزەمان بە قەی ئەصحابەکان یا زیاتر لــەوان قەدریان ببێ لەلای خودای تەعالا وەکوو ئەو فەرموودەیە کــە ئەڵێ : ئەجری یەکێ لە موسوڵمانانی ئاخرزەمان لەوانە کـــە رۆژەکەیان باش نیە بە قەی حەفتا کەسە لە ئێوە ٠٠ ئـــەوە واجبە تەئویل بکرێ بەوە : کە بازێ کردەوەیان بە تایبەتـــی لەبەر ئەسبابێکی موعەییەنە ئەجری لە کردەوەی بازێ لەوانــە زۆرتر بێ کە حەزرەت (د) قسەی لەگەڵا کردوون نەك شەرافەتی ئەو کەسەو ئەجری هەموو کردەوەی ئەو کەسانە لە کردەوەی ئەصحابەکان زۆرترە ؛ چونکی زۆر دەلیل هەیە لەسەر ئەوە کە ئەصحابەکان (علی الاطلاق) لە موسوڵمانانی چینە دواییەکــان گەورەترن ٠ وە فەرمووەدەی : (مثل امتي كمثل المطر : لا يدري اوله خير أم اخره ؟) کینایەیە لە دەوامی پیرۆزیو بەختیاری لە هەموو چینەکانی ئوممەتی پێغەمەردا (د) ، ئیتر مەعنای ئــەوە نیە کە ئوممەتی ئاخرزەمان پایەیان ئەگا بە پایەی یارانـــــی حەزرەت (د) ؛ چونکی بە ئیتتیفاق شەرەفو پایەی چاوپێکەوتنی حەزرەت (د) بە هیچ فەزیلەتێ موقابەلە ناکرێ ٠

﴿ لَنْ يَضُرُّوكُمْ إِلا أَذىً ﴾ :

وە ئەم کیتابیە بێئیمانە فاسقانە قەطعەن ناتوانن زەرەر بدەن لە ئێوە ئیللا شتێکی کەمی بێنرخ وەکـــــو تانەلێدانو هەڕەشەی دوور بەدوور ٠

﴿ وإنْ يُقاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الأدبارَ ﴾ :

وە ئەگەر جەنگیش بکەن لەگەڵتانا پشت هەڵئەکەن لێتان‌و ئەشکێن‌و زاڵ نابن بەسەرتانا ٠

﴿ ثُمَّ لا يُنْصَرونَ ﴾ : (١١١)

وە لەپاش ئەوە کە پشتیان هەڵکردو شکان ئیتر یارمەتییان نادرێ لە لایەنی کەسەوە کە بێنەوە بۆ سەرتان ٠

ئەم ئایەتە لەو ئایەتانەیە کـە ئیخبـاری غەیبی داوە ؛ چونکی لە واقیعا کاتێ جوولەکەکانی (قریظە) و (نضـیر) و (بنی قینقاع) و خەیبەر کەوتنە جەنگەوە لەگەڵ حەزرەتا (د) شکان‌و خۆیان نەگرتەوە ٠

﴿ ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أيْنَ ما ثُقِفُوا إلا بِحَبْلٍ مِنَ اللهِ وحَبْلٍ مِنَ النَّاسِ ﴾ :

وە دەواری ناباری داماوی‌و کزی بە سەریاندا هەڵدراو لە ژێریا مانەوە لە هەر لایەکا هەبوون ئیللا بە هۆی عەهـدو پەیمانی خوداوە کە بریتییە لە بڕیاری جیزیەو لەگەردن‌گرتنی سەرانە ، وە بە هۆی عەهدو پەیمانێ کە بەستبێتیان لەگـەڵ ئادەمیزادی خاوەن دەستەڵاتا ئەمە بەشی دیارییان بوو ٠

﴿ وباءُوا بِغَضَبٍ مِنَ اللهِ وضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ المَسْكَنَةُ ﴾ :

وە گەڕانەوە بە غەزەبێکی خودایی کە لە عالەمی غەیبەوە باری بە سەریاناو پەردەی پەستی‌و بێ‌نرخی نەفسی لـێ‌درا بە سەریانەوە ئەمەیش بەشی مەعنەوی نەفسییان بوو ٠

﴿ ذلِكَ بِأَنَّهُمْ كانُوا يَكْفُرُونَ بِآياتِ اللهِ ويَقْتُلُونَ الأَنْبِياءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ﴾ :

ئەم وەزعە ناهەموارە كە هات بەسەر ئەهلی كیتاب لە بەنی ئیسرائیلدا لەبەر ئەوە بو كە وەختێ خۆی لە زەمانی موساو عیسادا ئینكاری ئایاتی مونەززەلەی خودایان ئەكردو پێغەمەرەكانیان ئەكوشت بە ناحەق حەتا بە بیرو باوەڕی خۆیشیان ٠

﴿ ذلِكَ بِما عَصَوْا وكانُوا يَعْتَدُونَ ﴾ : (١١٢)

وە ئەم تاوانە گەورە نابارەیشیان لەبەر ئەوە كرد كە هەر لە كاتی جوانیانەوە نافەرمانی خودایان ئەكردو لایان ئەدا لە یاسای شەرعی خودای تەعالا ، وە لە واقیعا تاوانی بچووك ئەبێ بە هۆی تاوانی گەورە ، وە تاوانی گەورەیش ئەبێ بە هۆی تاوانی زۆر گەورە ٠

بێداری ! بازێ لە موفەسیرەكان تەفسیری (بحبل من الله) یان كردووەتەوە بە قەبووڵكردنی دینی ئیسلامو (حبل من الناس) بە جیزیەدان بە حەزرەت (د) و بە خەلیفەكانی ئیسلام ٠ وە بازێ تر لە موفەسسیرەكان وەكوو ئیمام فەخری رازی تەفسیری ئەووەڵی كردووەتەوە بە عەقدی جیزیەو تەفسیری دووهەمی كردووەتەوە بە ئیجتیهادی سەلاطینی ئیسلام لە هۆی ئەوەوە كە بە ئارەزووی خۆیان جیزیەكەیان بگۆڕن ٠

وە من باوەڕم وایە كە (حبل من الله) عیبارەتە لەو ئەمانە لە لایەنی خوداوە دەستیان كەوتووە ، یاخود دەستیان بكەوێ لە حوكوومەتەكانی ئیسلاما بە عەقدی جیزیەو سەرانە یا بەهەر

بارێکی ترا که ئەو حوکوومەتانە مەیل بکەن ، وه (حبل من الناس) ی عیبارەته لەو پەنادانەو لەو یارمەتیدانە که له دەوڵەته کافرەکانەوه دەستیان کەوتووەو دەستیان ئەکەوێ ، وەکوو ئەوه که لەبەرچاوی مێژووناسەکانا دیاره ئەو جوولەکانە که له بیلادی ئیسلاما نەبوون‌وپەناهیندەی کافرەکان بوون پارازتوونیان به تایبەتی له پێش جەنگی عالەمی گەورەوه تا ئیستە که به هەموو مەعنایێ دەوڵەته گەوره کافرەکان جوولەکەیان گرتووەته بن‌دەستی خۆیان‌و به هەموو نەوعێ خزمەتیان ئەکەن ۰

هەروا باوەڕم وایه : که زیللەت عیبارەته له کزی‌و داماوی جوولەکه له بەردەستی زۆردارەکانا ، وه مەسکەنە عیبارەته له پەستی نەفسی خۆیان . وه باوەڕم وایه ئەو پەستی نەفسەیان وەکوو غەریزه وایه بۆیان‌و تا مردن لێیان جیانابێتەوه ۰

فەرموودەی خودا : (لیسوا سواء ۰۰۰) الآیة :

ریوایەت‌کراوه له ئیبن‌و عەبباسەوه (خ) که عەبدوڵڵای ئیبنی سەلام‌و رەفیقەکانی له یەهوود مەیلیان پەیداکرد له ئیسلامییەتاو فیعلەن موسوڵمان بوون‌و ئیسلامییەتەکەیان راست‌بوو و دامەزران له سەری ، جا ئەحبارو عالمه یەهوودیەکان وتیان : ئیمان ناهێنێ به محەمەد (د) له قەومی یەهوود ئیللا پیاوخراپەکانمان ، ئەم شەخسانە ئەگەر پیاوی باش بوونایێ دینەکەی خۆیان نەدەگۆڕییەوه به دینێکی تر !

جا خودای تەعالا فەرمووی :

﴿ لَيْسُوا سَوَاءً ﴾ :

واته ئەم ئەهلی کیتابە هەموویان وەکوو یەك نین ، واتە هەموویان ئینسانی خراپ‌نین بەڵکوو ٠

﴿ مِنْ أَهْلِ الكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴾ : (١١٣)

واتە : لە ئەهلی کیتابە کۆمەڵیو جەماعەتێ کە راوەستاون‌و دامەزراون لەسەر حەق‌و قورئان ئەخوێنن لە چەن کاتێکا لە شەوا کاتێ کە شەونوێژ ئەکەن ٠

وە بەعزێ لە موفەسسیرەکان ئەڵێن : موراد بەم خوێندنی ئایاتە خوێندنی قورئانە لە نوێژی عیشادا ؛ چونکی ئەهلی کیتاب نوێژی عیشا ناکەن ٠ ریوایەت‌کراوە حەزرەت (د) جارێك نوێژی عیشای دواخست وە کاتێ لەماڵ دەرچوو بۆ نوێژ تەماشای کرد خەڵکەکە وان لە مزگەوتا ئینتیظاری نوێژی عیشا ئەکەن ، ئەویش فەرمووی : بزانن کەس نیە لە ئەهلی دینەکان ئەم نوێژە بکا ئێوە نەبێ ٠

﴿ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ﴾ :

وە ئەو تاقمە کە دامەزراون لەسەر دین ئیمانێکی ساغیان هەیە بە خوداو بە رۆژی ئاخیرەت نەك ئیمانێ کە تێکەڵ بێ بە ئیشراك وەکوو ئیمانی یەهوودی بە خودا لەگەڵ ئیشراکی غەیرا ، وە ئیمان بە ئاخیرەت بەو جۆرە کە یەهوودەکان ئەڵێن ئاگری دۆزەخ نادا لەوان ئیللا چەن رۆژێ ٠

﴿ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ﴾:

وه ئەمر ئەکەن بە هەموو چاکەیێو بە تایبەتی ئەمر ئەکەن بەوە کە خەڵکی بێن ئیمان بێنن بە حەزرەتی (محمد المصطفی) (د) ، وه نەهی ئەکەن لە هەموو شتێکی موخالیف بۆ شەرعو بە تایبەتی نەهی ئەکەن لە موخالەفەتی پێغەمەر (د) .

﴿ ویُسارِعُونَ في الخَیراتِ ﴾ :

وه ئەو تاقمە وەکوو ئەو سیفەتە باشانەیان هەیە پەلەپەلیش ئەکەن بۆ بەجێهێنانی کردەوەی باش ، خواه لەوانە بێ کە خودا واجبی کردوون وه یا لەوانە بێ کە موستەحەببن . وه کاتێ کە خێرێ هەڵبکەوێ ئامادە دەبن بۆ کردنیو سستی ناکەن لە جێ بەجێ کردنیا .

﴿ وأولئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴾ : (١١٤)

وه ئەوانە لە ئادەمیزادە باشەکانن و لەگەڵ ئەوانن لە دنیاداو لە ڕۆژی قیامەتیشا .

﴿ وما یَفْعَلُوا مِنْ خَیرٍ فَلَنْ یُکْفَرُوهُ ﴾ :

وه هەر ئیشێکی چاك بکەن نادرێتەوە بە سەریانا ؛ چونکە لەگەڵ عەزمی پاكو تەقوادا دەیکەن .

﴿ واللهُ عَلِیمٌ بالمُتَّقِینَ ﴾ : (١١٥)

وه خودای تەعالایش زانایە بە ئەهلی تەقوا .

﴿ إنَّ الّذِینَ کَفَرُوا لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أمْوالُهُمْ ولا أولادُهُمْ مِنَ اللهِ شَیئاً ﴾ :

ئەوەی کە ئیستە باسمان کرد ئەحواڵی موسوڵمانانی ئەهلی

کیتاب بوو ، وە ئەو کەسانەیش لە ئەهلی کیتاب کـە کافرن‌و باوەڕیان نیە بە ریسالەتی حەرزەتی (محمد المصطفـی) ـدـ بە قەطعی دارایی ئەوان‌و ئەولادی ئەوان بەکاریان نایێن لـــە حوزووری خودادا بە هیچ نەوعە بەکارهاتنێ ٠

﴿ وأولئِكَ أصحابُ النَّارِ ﴾ :

وە ئەوانە مولازمی ئاگری دۆزەخن ٠

﴿ هُمْ فِيها خالِدونَ ﴾ : (١١٦)

ئەو کافرانە لەناو ئەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتاهەتایە ٠

﴿ مَثَلُ ما يُنْفِقُونَ في هذهِ الحَياةِ الدُّنيا كَمَثَلِ ريحٍ فيها صِرٌّ أصابَتْ حَرْثَ قَومٍ ظَلَمُوا أنْفُسَهُم فأهلكَتْهُ ﴾ :

حاڵی ئەو مانیمە کە لە لایەنی خوداوە دێت بـــۆ کردەوەی چاکی ئەوان وەکوو حاڵی بایەکە پڕ بێ لە سەرماو بدا لـــە کشت‌وکاڵی کۆمەڵێ لەفەلاحەکان،وەکوو چۆن ئەو بای وەیشومە ئەو کشت‌وکاڵە زایە ئەکا وەها غەزەبی خودا لەو کافرانـــە کردەوەی چاکەی ئەوان زایە ئەکاو سوودی لێ وەرناگرن ٠

جا بینا لەسەر تەقدیری موضاف لەسەر (ماینفقون) ئەم تەشبیهە بۆ تەشبیهی موفرەد بە موفرەد غەزەبی خودا موشەببەهەو بای وەیشومە موشەببەهـو بیهیە٠وە قابیلە بیکەی‌بەتەشبیهی مورەککەب بەم رەنگە هەیئەتێ وەربگری لە کردەوەی چاکەی ئەو کافرانە کە موعانیدو بەدئەخلاقن‌و کردەوە چاکەکانیان لـــە جانیبـــی موشەببەهەوە ، وە هەیئەتێکیش وەربگری لە بای وەیشومە وە

کشتوکاڵی کۆمەڵێ لە فەللاحەکان لە جانیبی مۆشەببەهـــو بیهیەوە ٠

﴿ وما ظَلَمَهُمُ اللهُ ﴾ :

خودای تەعالا بە قەطعی زوڵمی نەکردووە لەو کۆمەڵـــە مەخلووقە کاتێ کردەوەکانیانی زایەو بێ مایە کردووە ٠

﴿ وَلَكِنْ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴾ : (١١٧)

بەڵام ئەو کافرانە ستەمیان لە خۆیانکرد کەکەمێ بیریان نەکردەوە لە حاڵی خۆیانو لە سیفەتی عالەمو لە گەورەیـــی خودا هەتا حاڵی ببێ کە خودا تەوانایە بەسەر رەوانەکردنـــی حەزرەتی (محمد المصطفى)دا ، وەکوو چۆن حەزرەتی موسای رەوانەکرد جا باش ئیمان بێنن وە لەگەڵ ئیمانا ئەو کردەوانــە بکەن هەتا خودای تەعالا کەمو زۆر بۆیان حسێب بکا ٠

فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا ٠٠ الاية)

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) کە چەن پیاوێ لە موسوڵمانەکان تێکەڵـیو صیلەیان لەگەڵ چـــەن پیاوێکـــی جوولەکەدا بو لەبەر دراوسێتیو ژنو ژنخوازیو عەهـــــدو پەیمانسازی،جا خودای تەعالا ئەم چەن ئایەتەی ناردەخوارەوەو مەنعیکردن لەم تێکەڵبوونە لەگەڵ ئەو کافرانەداو فەرمووی :

﴿ يا أَيُّها الَّذينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذوا بِطانَةً مِـــنْ دُونِكُمْ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام قــــەت

ڕوست مەکەن بۆ خۆتان کەسانێ کە بیانکەن بە ئەمینـــــی ئەسرارتان لە غەیری موسوڵمانەکان ٠

﴿ لا يأْلُونكُمْ خَبالاً ﴾ :

کە قوصوور ناکەن لە فەسادی حاڵو وەزعی ئێوەدا ، واتە هەرچەند بە ئاشکرا جەنگتان لەگەڵا ناکەن بـــەڵام لە ژێرەوە قوصوور ناکەن لەوەدا کە ئێوە کزبکەنو لە ئەنجاما مەحوتـــان بکەنەوە ٠

﴿ ودُّوا ما عَنِتُّمْ ﴾ :

حەز ئەکەنو خۆزگە ئەخوازن بۆ هیلاكو فەوتانی ئێوە ٠

﴿ قد بَدَتِ البَغْضاءُ مِنْ أَفْواهِهِمْ ﴾ :

بە ڕاستی دەرئەکەوێ نیشانەی ڕقو کینـــەو دڵپیسی لـــە وتارێ کە لە دەمیان دێتە دەرەوە ٠

﴿ وما تُخْفي صُدُورُهُمْ أكْبَرُ ﴾ :

وە ئـــەو کینـــەو دوژمنییە کـــە سینەیان شاردوویەتیەوە زۆرترەو گەورەترەو قەبەترە لەوەی کە لە ئیشارەی کەلیمەیان دەرئەکەوێ ٠

﴿ قدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الآياتِ إن كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ : (١١٨)

بە ڕاستی دەرمانبڕی ئایاتێکی وا بانگتان بکا بۆ دۆســـتی موسوڵمانانو دوورکەوتنەوە لە کافرەکان ئەگەر خاوەنهۆش بن ٠

خودای تەعالا بەم ئایەتە موسوڵمانانی ئاگادار کردوەتەوەو مەنعی کردوون لەوە کە بیطانەو دۆستی تایبەتی لە کافرەکان بگرن ؛ چونکی بچووك چاو ئەکا لە گەورە . وە مادام موسوڵمانە بە نرخەکان دۆستی کافریان گرت وردە موســوڵمانەکانیش وا تەکەنو منداڵی موسوڵمانانو گەنجەکانیش تێکەڵی ئەکەن لـە گەڵیاناو ئەم وەزعە ئەبێ بە زیان بۆ موســوڵمانان لەچـــەن رووەوە •

یەکەم : ئەو کافرانە باش ئاگادار ئەبن لەسەر ئەحواڵــی موسوڵمانانو لە شوێنی هێزو بێ‌هێزیان ئەزانن‌و ئەم وەزعــە لەناو خۆیانا بلاوئەکەنەوەو ئەمە گەلێ زیانی تێدایە بـــــۆ موسوڵمانان •

دووهەم : موسوڵمانەکان بە تایبەتی منداڵو گەنجی بــێ بەراوردو ئینسانی کەم هۆش مەیل‌ئەکا بەلای ئادابو ئەخلاقی کافرەکان‌و ئەبێ بە دوژمنی ئادابو ئەخلاقی موســـــوڵمانان‌و ئەمەیش مەعنای نەمانی ئیسلامیەتە •

سێهەم : ئەم تێکەڵبوونە ئەبێ بە یاسا لەناو موسوڵماناناو گەلێ فیتنەی دینی‌و ناموسی‌و دارایی‌و سوپایی پەیدا ئەبــێ بۆ موسوڵمانان • بۆیە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (المرء علی دين خليله ، فلينظر احدكم من يخالل) واتە : پیاو وا لەســـەر ئایینی دۆستی خۆی جا با یەکێ لە ئێوە تەماشا بکا کە چ کەسێ ئەکا بە دۆست • وە ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و مەسعوودەوە (خ) فەرموویەتی : (اعتبروا الناس باخوانهم) : واتە قیمەتـــی ئادەمیزاد تێ‌بگەن بە براکانیانا • وە حەزرەتی عومـــەر (خ)

مەنعی ئەبو مووسای ئەشعەری کرد لە ئیستیخدامی کیتابـــیو فەرمووی: نزیکیان مەکەنەوە مادام خودا دووری خستوونەتەوە، وە ئیکرامیان مەگرن مادام خودا ئیهانەی کردوون ، وە مەیانکەن بە ئەمیندار مادام خودا بە خائینی ژماردوون. وە فەرموویەتی: یارمەتی وەربگرن لەسەر ئومووراتی خۆتانو لەسەر رەعییەتتان بەو کەسانە کە لە خودا ئەترسن ۰ وە ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە لە ئەبو سەعیدی خدرییەوە (خ) کـــــە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (ما بعث الله من نبي ولا استخلف من خليفة الا كانت له بطانتان : بطانة تأمره بالمعروف وتحضه عليه ، وبطانة تأمره بالشر وتحضه عليه ؛ فالمعصوم من عصم الله) ۰ واتــه : خودا هیچ پێغەمەرێکی نەناردووەو هیچ کەسێکی نەکردووە بە گەورە لە عەرزا ئیللا دوو تاقم ئینسانی بۆ رێکخستوون کـــــە ئاگایان هەیە لە ئەحواڵی : تاقمێکیان ئەمری پێ ئەکا بە چاکەو تەرغیبی ئەدا لە سەری ، وە تاقمێکیان ئەمری پێ ئەکا بە شەڕو تەرغیبی ئەدا لە سەریو ؛ بێ تاوان ئەوەیە کە خودا بێ تاوانی بکاو بیپارێزێ لە فیتنەو ئاشووب ۰

﴿ ها أَنْتُمْ أُولاءِ تُحِبُّونَهُمْ ولا يُحِبُّونَكُمْ ﴾ :

بێـــداربینەوە ئێوە کەسانێکن کە ئەو کافرانەتـــان خۆش ئەوێ بەڵام ئەوان ئێوەیان خۆش ناوێ ۰

﴿ وتُؤْمِنونَ بالكِتابِ كُلِّهِ ﴾ :

وە ئێوە ئیمانو باوەڕتان هەیە بە هەموو کتێبێ کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمەران بەڵام ئەوان ئیمانو باوەڕیان نیە بە کتێبێ کە بۆ ئێوە رەوانەکراوە ۰

﴿ وإذا لَقوكُمْ قالوا آمَنّا ﴾ :

هەر کاتێ پێتان بگەن ئەڵێن : ئیمانمان هێناوە بەوەی ئێوە ئیمانتان پێ هێناوە ·

﴿ وإذا خَلَوا عَضّوا عَلَيْكُمْ الأنامِلَ مِنَ الغَيْظِ ﴾ :

وە کاتێ کە رابوردنو دوورکەوتنەوە سەرپەنجەتان لێ ئەگەزن لە داخاو لە کینەو رقا ·

﴿ قُل : موتوا بِغَيْظِكُمْ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بەرمو پێیان : دە بمرن بەو رقەوە کە لە دڵتانایە ·

﴿ إنّ اللهَ عَليمٌ بِذاتِ الصّدورِ ﴾ : (١١٩)

خودای تەعالا بە راستی زانایە بەو شتانە وان لە سینەتانا، واتە وان لە دڵتانا ·

﴿ إنْ تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ﴾ :

ئەو کافرانە ئەوەندە ناپیاون ئەگەر جارێ بارەێیکی باشتان پێ بگا ئەوە ئازاری دڵی ئەوان ئەدا ·

﴿ وإنْ تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحوا بِها ﴾ :

وە ئەگەر نەگبەتیو بەڵایەکی نابار بگا پێتان پێی شادمان ئەبنو پێیان خۆشە ·

﴿ وإن تَصْبِروا وتَتّقوا لا يَضُرّكُمْ كَيْدُهُم شَيْئاً ﴾ :

وه ئەگەر ئێوه سەبر بکەن لەسەر ئەو وردەئازاره کە لەوانەوه پێتان ئەگاتو خۆتان بپارێزن لەوه کە بیانکەن بە دۆستو جێگەی ئەسرارتان ئەوه فڕو فێڵی ئەوان زیان ناگەیەنێ بە ئێوه بە هیچ نەوعە زیانێ ·

﴿ إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴾ : (١٢٠)

بە راستی خودای تەعالا ئیحاطەی داوه بەو شتانەدا کە ئەوان ئەیکەن ، واتە کاری ئەوان لە لای خودا قابیلییەتو نرخی نیە ·

فەرموودەی خودا : (واذ غدوت من أهلك ···) لەگەل چەن ئایەتێ کە لە دوایەوه دێن ·

ئەم ئایەتانە هەموو نازڵبوون لە غەزای (ئوحود)ا · ریوایەتکراوه لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوه ئەڵێ : ئەو دوو طائیفەی کە لە قورئانایه لەم ئایەتانەدا لە شانی ئێمەدا هات کە طائیفەی بەنوحاریثەن لە ئەوسو بەنو سەلەمەن لە خەزرەج · وەڵلاهی هەرچەن ئەم ئایەتانە ئازار ئەدەن بەلام حەزم وا نیه کە نازڵ نەبووناییێ ؛ چونکی خودا فەرموویەتی : (والله وليهما) واتە : خودای تەعالا دۆستو ناصیری ئەم دوو طائیفەتانێ ·

وه واقیعەی جەنگی ئوحود لەسەر ئەمه بوو کە قورەیشەکان پاش ئەوه کە لە رووداوی (بەدر) دا تووشی نەگبەت بوونو حەفتا کەسیان لێکوژراو حەفتا کەسیان بەدیل رۆییشتن ·· کەوتنە بیرکردنەوه بۆ ئەوه کە تۆڵەی ئەم رووداوه بسێنن لە موسوڵمانەکان · لە ئەنجاما رێکەوتن لەسەر ئەوه کە قافڵەی وشتری (ئەبو سوفیان) هەرچەن هەیە بە بارو ئەموالەوه سەرفی

بکەن بۆ ئەم جەنگە ، وە سوپای قورەیش ئامادە بوون بـــۆ دەرچوون بۆ جەنگ‌و گەلێ لە ئەحباش کە لە مەککەدا بوون‌و ئیشیان ئەکرد کەوتنە تەکیان ، وە گەلێ ژنیان کەوتە تەك بۆ ئەوە نەشید بخوێننەوەو پیاوەکان‌غیرەت بیانگرێ‌و نەشــکێن ٠ جا لە شاری مەککە دەرچوون لە ئەووەڵی مانگـــــی شەووالاو ژمارەیان گەیشتە سێ‌هەزار پیاوی جەنگ‌کەرو روویان‌کرد لە مەدینەی مونەووەرەو حەزرەت (د) ئەم دەنگوباسەی بیست ٠وە ئیستشارەی کردو داوای بیری کرد لە ئەصحابەکـان (خ) ، وە خاترخۆی کردن لە بەینی ئەوەدا : کە لە مەدینە دەرچن بـــۆ بەرابەری دوژمن ، یاخود هەر لە مەدینەدا بمێننەوە ، جا ئەگەر دوژمن هاتنە ناو شار شەڕیان لەگەڵا بکەن ٠

بیری بازێ لە پیرەکانیان لەسەر ئەوە بوو هەر لە مەدینەدا بمێننەوەو عەبدوڵلای بنی ئوبەیی‌ی بنی سەلوول لەمانە بوو ٠ وە بیری زورمەی ئەصحابەکانیش لەســەر ئەوە بوو کــە بڕۆنە دەرەوە ، بە تایبەتی ئەوانە کە لە جەنگی (بەدر)دا بەشــدار نەبوون ٠ وتیان : یا رەسوولەڵلا فەرموو بمانبەرە دەرەوە بۆ سەر دوژمنەکــان با وا حاڵی نەبن کە ئێمە بێ هێزین ، وە ئەم خاوەن بیری دووهەمە دەوامیان کرد لە سەر بیری خۆیان هەتــا حەزرەت موافەقەی کرد لەسەر بیری ئەمانە ٠

جا حەزرەت رۆییشتە ماڵەوەو ئەسبابی حەربی پۆشـــی‌و شیری خۆی هەڵگرت‌و هاتەدەرەوە ، لەم کاتەدا ئەم خاوەن‌بیرانە گومانیان کرد کە حەزرەت (د) لەسەر ئیلحاحی ئەوان موافەقەی کردووە ئەگەرنا بە طەبیعەت حەزی لە دەرچوون نیە ٠ وە هاتن

بۆ خزمەتی عەرزیان کرد : ئێمە زۆر ئیلحاحمان کرد لە تـۆ ، ئیستە ئەگەر مەیلت نیە با هەر لە شاری مەدینەدا بمێنینەوە ! حەزرەت فەرمووی : قابیل نیە بۆ پێغەمەر پاش ئەوەی کـــە ئەسبابی حەربی پۆشی ئەو ئەسبابە لاببا هەتا ئەو حەربـــە ئەکا .

جا حەزرەت (د) لە رۆژی شەمەی حەوتی ثەووالدا لـــە مەدینە دەرچوو لەگەڵ هەزار کەس لە ئەصحابـەو قەرەباڵغدا ، لە سەری دوو ساڵو هەشت مانگ لە هیجرەت لەمەککەوە بـــۆ مەدینەی مونەووەرە .

کاتێ گەیشتنە بەینی کێوی ئوحودو مەدینە لەویا عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول ــ لە قەبیلەی خەزرەجو لـــە ئەشرافیان بوو ، بەڵام منافەق بوو ــ بە سێیەکی ئەو سوپایەوە کە لە گەڵیا بوون گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە ،وە زورمــــەی ئەمانە ئەتباعی ئەوبوون ، ئەیوت : تەماشا بکەن محەمەد بـــە بە بیری من ناکاو بە بیری منداڵان ئەکا ؛ ئەچێتە دەرەوە بـــۆ جەنگ ، ئەمەیشی کرد بە بەهانە بۆ خۆی لە گەڕانەوەدا . وە ئەیوت : نازانم ئێمە لەسەر چی ئەم شەڕە بکەین ؟! حەتا دوو تاقم لە ئەوسو خەزرەج ویستیان بگەڕێنەوە بـــەڵام خـــودا پارازتنی . وە عەبدوڵلای کوڕی حەرام کەوتە شوێنی گەلــێ رجای لێکرد نەگەڕێتەوە بۆ مەدینەو ئەم سوپای ئیســـــلامە بێهێز نەکا . ئەو موبالاتی نەکردو ئەیوت : (لو نعلم قتـــالا لاتبعناکم) !

وه ئەصحابەکان لەناو خۆیانا بــوون بــە دوو تاقــم :
تاقمێکیان وتیان : ئەمانە کە گەڕانەوە کافرنو شەڕیان لەگەڵ
بکەین بــا لـــە ناوا نەمێنن • وه تاقمێکیان وتیان : وازیــان
لێ بێنن • لەم حاڵەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو (فما لكم في المنافقين
فئتين والله اركسهم بما كسبوا • أتريدون ان تهدوا من اضــل
الله ؟!) •

وه بازێ لە ئەصحابەکان ئیقتیراحیان کرد لە حەزرەت (د)
کە یارمەتی وەربگرن لە جوولەکــەکان ؛ چونکی لــەو کاتــەدا
پەیمانیان هەبوو لەگەڵ موسوڵمانانا ، وەحەزرەت رازی نەبووو
فــەرمووی : (لا نستنصر بأهل الشرك على أهل الشرك) واتە :
یارمەتی وەرناگرین لە موشریکەکان بۆ سەر موشریکەکان •

جا حەزرەت (د) لەگەڵ ئەصحابەکاندا ئەوەی کە لە خزمەتیا
بوون قەرارگای گرت لەبەر کێوی (ئوحود) دا پشتیان لـــە
ئوحودو روویان لە مەدینە کرد ، وه پەنجا تیراندازی لـــــە
ئەصحابەکان نارد بۆ ئەو بەرزییە کە لە پشتی قەرارگاکەیانەوە
بوو ، وه عەبدوڵلای بنی جوبەیری کرد بە سەرۆکیانو فەرمووی
پێیان : لە شوێنی خۆتانا راوەستنو موحافەزەی لای پشــــتەوە
بکەن ئەگەر چاوتان کەوت بە ئێمە غاڵب بووین ئێوە مەیەن بۆ
لای ئێمە ، وه ئەگەر ئێمە فەوتاین ئێوە یارمەتیمان مەدەن •

جا هەردوولا ــ موسوڵمانو کافر ــ دەستیانکرد بە جەنگو
شەڕ گەرم بوو ، وه موسوڵمانەکان بــــە شێوەیــەکی عەجیب
کافرەکانیان دایەبەرو کافر کەوتنە راکردن ، وه لە پێشــەوە
(ابو دجانە) و (حمزەی)ی مامی پێغەمەرو (مصعب)ی کوڕی

عومەیر هێرشیان ئەبرد • وە مەصعەب لە بەردەمی حەزرەتـــا کوژرا • جا حەزرەتی عەلی ئالاکەی وەرگرت‌و خودا نەصرەتی موسوڵمانەکانی دا بە نەوعێ کافرەکان رایان ئەکردو لایـــان نەئەکردەوە بە لای کەسیاناو ژنەکانیان هاواریان ئەکـــرد، موسوڵمانەکان لێیان ئەکوشتن‌و تالانیان لێ ئەگرتن • لـــەم کاتەدا پەنجا کەسە تیرئەندازەکان لەسەر بەرزییەکەی پشـــتی قەرارگای سوپای ئیسلامەوە وایان زانی حەرب تـەواو بـووە کافرەکان شکان‌و رایان‌کرد ، لە ناو خۆیانا ئیختیلافیان تێ‌کەوت زۆریان دابەزین لەو بەرزییەو رۆییشتن بۆ ناو موسوڵمانەکان وتیان : ئێمەیش غەنیمەت وەرئەگرین • بەلام رەئیسەکەیـان ــ عەبدوڵلای کوڕی جوبەیر ــ لەگەڵ چەند کەسێکدا لـــە شوێنی خۆیانا مانـــەوە ، وتیان : ئێمە بێ ئەمری حـــەزرەت ناکەین‌و ئەم شوێنی خۆمانە بەجێ نایەڵین •

کاتێ خالیدی کوڕی وەلید لە دوورەوە تەماشای کرد کـە ئەو تیراندازانە پشتی سوپاکەیان چۆڵ کرد گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەو عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل کەوتە شوێنی‌و هێرشیان برد بۆ ئەو چەن کەسە کە مابوونەوە لە شوێنی خۆیانا ئەوانەیان شەهیدکردو هاتنە خوارەوە لە پشتەوە دایان لـــە سوپـای ئەصحابەو شپرزەیان کردن‌و گەلێکیان لێ شەهید کـردن • وە دانی حەزرەت شەهید کراو ، حەمزەی مامی شەهید کرا ، لـەم کاتەدا کە ئەصحابەکان وەزعیان کەوتە خەتەرەوە هاتنەوە بـۆ دەوری حەزرەت (د) ، وە ئەبوطەلحە کـــە تیراندازێکـی زۆر موهیم بوو بە دەوری حەزرەتا تیری ئەهاویشت لە کافرەکان .

وه ئەبو دوجانە خۆی کرد بە قەڵغانو چەمیەوە بەسەر حەزرەتاو چەن تیر دای لە پشتی هەر بەجێی نەهێشت ، هەروا (زیاد بن السکن) ئەویش مودافەعەی ئەکرد لـە حەزرەت هەتا خـۆیو پێنج کەس لە رەفیقەکانی شەهید کران . ئاخرکەسیان عەمارە کوڕی یەزیدی کوڕی سەکەن بوو • حەزرەت فەرمووی : نزیکی بخەنەوە تا هێنایان بۆ لای ، وە حەزرەت سەری نایە سەر رانی خۆی تاگیانی دەرچوو (الی رحمة الله) ، پاش ئەم وەزعـــە کافرەکان خۆیان بە غاڵب زانی شەڕگاکەیان بەجێهێشـــتو رۆییشتن ، موسوڵمانەکانیش گردەوە بوون لە شەهیدەکانیانو دەفنیان کردن •

ئەمە بە کورتی باسی رووداوی جەنگی ئوحود بـوو ، وە خودای تەعالا لەو خوصووصەوە ئەفەرموێت :

﴿ وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئـەو کاتە بکە کـــە دەرچووی لە لای خێزانی خۆت بۆ مەیدانی جەنگ لە نزیکـــی (ئوحود)ا وە موسوڵمانەکانت دائەمەزران لە شوێنی خۆیانا بۆ جەنگکردن لەگەڵ قورەیشەکانا •

﴿ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ : (١٢١)

وە خودای تەعالا وتاری ئێوەی ئەبیستو زانا بو بـــە قەسدی دڵتان •

﴿ إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أَنْ تَفْشَلَا ﴾ :

لەو کاتەدا کە دوو تاقم لە ئێوە ــ بەنو سەلەمە لە خەزرەج و بەنو حاریثە لە ئەوس ــ کە دوو جەناحی سوپاکە بوون قەسدی ئەوەیان کرد بگەڕێنەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە ؛ چونکـــــی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بەخۆی و دەستەکەیەوە کە سێصەد کەس بوون گەڕایەوە بۆ مەدینە وەکو باسمان کرد ٠ جا ئەم دوو تایفەیشە کەوتنە خەیاڵی گەڕانەوە بەڵام خـــــودا پارازتنی و لەو بیرە لایانداو لەگەڵ سوپاکەی حەزرەتا ڕۆییشتن بۆ نزیکی کێوی (ئوحود) ٠

﴿ واللهُ وليُّهما ﴾ :

وە لەبەر ئەوە خودا پارازتنی لەو فیکرە ؛ چونکی خــــودا دۆستی ئەو دوو تاقمەیە و خۆشی ئەوێن ٠

﴿ وعلى اللهِ فليتوكَّلِ المؤمنون ﴾ : (١٢٢)

وە لە حەقیقەتا پێویستە کە موسوڵمانان هەر لەسەر خــودا ئیعتیماد بـــدەن ، وە نابــێ کاتێ کافرەکان یا منافقەکـــان ئیشێکیان کرد کە موسوڵمانەکان زەعیف بکا ئیتر موسوڵمانەکان وره لە خۆیان ببڕن و بێهێز ببن ؛ چونکی یاسای خودا ئەمەیــە کە نەصرەتی موسوڵمانان بدا مادام کە لە خەتی تەعلیماتی خوداو پێغەمەر دەرنەچن ٠

﴿ ولقد نصرَكُمُ اللهُ ببدرٍ وأنتم أذلَّةٌ ﴾ :

وە بیر بکەنەوە لەوە کە بە راستی خودای تەعالا نەصرەتی

ئێوەیدا • لە جەنگی (بەدر) دا [1] وە ئێوە کۆمەڵێکی کزو بێ ژمارەو بێ مایەو کەمچەك بوون •

﴿ فَاتَّقُوا اللهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ : (١٢٣)

دەی ئیستە ئێوە تەقوای خودا بکەن‌و هەر لە خودا بپاڕێنەوە . رجا وایە لە کۆمەڵی ئادەمیزادی شوکرگوزارو سوپاسکار بژمێررێن هەتا خودایش نیعمەتی یارمەتیتان زیاد بکا •

﴿ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ : أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ ؟﴾ (١٢٤)

لەو کاتەدا خودا نەصرەتی دان لە بەدرا کە تۆ ئەتوت بە موسوڵمانەکان : ئایا بەشتان ناکا ئەمە کە خودای تەعالا یارمەتیتان بدا بە ناردنی سێ‌هەزار مەلائیکە کە لە بارەگای بەرزی خوداوە نێررانە خوارەوە بۆ ناوتان ؟ وە هەزاریان لە پێشا هاتنە خوارەوەو (بالفعل) بوون بە هاوڕێتان لە جەنگکردنا بەو شێوە کە خودا سپاردبووی پێیان ، وە پاش ئەوە دوو هەزار مەلائیکەی تریشی بە دوای ئەوانا رەوانەکرد بۆ خوارەوە بۆ دڵ‌ئەستوورکردنی ئێوە نەك بۆ جەنگکردن •

﴿ بَلَى ﴾ :

پوختەی مەعناکە ئەوەیە کافیەو بەسە بۆتان ئەگەر خودا

---

(١) (بەدر) : ناوی سەرچاوەیەکە وەختی خۆی بەدەستی بەدر ناوێکەوە بووە ئیستە ئەو شوێنە شارەو قەزایە •

ئەو سێ هەزار فریشتەیە بنێرێ بۆ یارمەتیتان . جا حەزرەت (د) دەستئەکا بە موژدەدانی تازە بە ئەهلی بەدرو بە ئیحای خودای تەعالا ئەفەرموێت بە ئەصحابەکان :

﴿ إِن تَصْبِرُوا ﴾ :

ئەگەر ئێوە خۆتان بگرن لە زەحمەتی جەنگکردنا .

﴿ وتَتَّقُوا ﴾ :

وە لە کاتی صەبرەکەیشا تەقوای خواتان بێو هەر لەبەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەق جیهاد بکەن .

﴿ ويَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هذا ﴾ :

سوپای کورزی کوڕی جابیری موحاریبی لەهۆی کینـــەو غەزەبی خۆیانەوە بێن بۆ یارمەتی قورەیشو جەنگتان لەگـــەڵ بکەن وەکوو بیستووتانە .

﴿ يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلافٍ مِنَ المَلٰئِكَةِ مُسَوِّمِينَ ﴾ : (١٢٥)

خودا ئیمدادتان بۆ ئەنێرێ بە پێنج هەزار مەلائیکەی وەها دوژمنەکانیان نیشانەدار ئەکەن بە شوێنی شیرو تیری غەیبی . یاخود خۆیان نیشانەدار کردووە بـــە نیشانەیـــەکی دیاری لەبەرچاوی ئەو کەسانە کە ئەیانبینێ وەکوو پێغەمەر بێ (د).

﴿ وما جَعَلَهُ اللهُ إلا بُشْرى لَكُمْ ﴾ :

وە خودای تەعالا ئەو ئیمدادناردنەی نەکردووە ئیللا بـــە

هۆی موژدەدان بە ئێوە •

﴿ ولِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ ﴾ :

وە بە هۆی ئەوە کە دڵتان دابمەزرێو لە بیمو ترسی کافرەکان رزگار ببێ •

﴿ وما النَّصْرُ إلا مِنْ عِنْدِ اللهِ العَزِيزِ الحَكِيمِ ﴾: (١٢٦)

وە حەقیقەتی نەصرەت نیە ئیللا لە جانیبی ئەو خوداوە کە خاوەن عیزەتەو زاڵە بەسەر خواستی خۆیاو خاوەن حیکمەتە لە تەسەڕڕوفاتیا • ئەم نەسرەتەیش لەبەر ئەوەیە •

﴿ لِيَقْطَعَ طَرَفاً مِنَ الَّذين كَفَرُوا ﴾ :

بۆ ئەوە کە بازێ لە نوفووسی ئەوانەی کافرن ببڕێو بیانکوژێ •

﴿ أَو يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خائِبِينَ ﴾ : (١٢٧)

یاخود کافرەکان رسوا بکاو بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە نائومێدێ •

بزانن ! ئەمەی کە بەیمانمان کرد لە تەفسیری ئەم ئایەتانە دامەزراوە لەسەر ئەوە کە خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەت (د) ئەداتەوە لە پاش ڕووداوی ناباری ئوحود کە بوو بە ئازار بۆ دڵی حەزرەت (د) ، وە ئەفەرموێت : ئێمە ئاگادارین لە ئەحواڵی تۆ لەو کاتەدا کە لە مەدینە دەرچوویو جێگەی جەنگت دیاری ئەکرد بۆ یارانت . وە لەو کاتەدا کە دوو تاقم لە یارانت دڵیان

کەوتە خەیاڵی ترس لە کافرانو ئێمە ئەوانمان پارازت لـــــە کردەوەی خراپ کە جیابوونەوەی ئەوان بوو لە ئێـــوە • وە ئاگادارم لەم وەزعە کە بە سەرتانا هات لەبەر موخالەفەی بازێ لە یاران لە فەرمانی تۆ بەلام تۆ دڵت تێك نەچـــێو عـــەزمت نەشکێو ئەم شکستەو پەرێشانی ئێوەیشە پڕە لە حیکمەت بـــۆ ئەوە کە جارێکی تر موخالەفەی فەرمانت نەکەن ، وە بۆ ئـــەوە بزانن لەسەر یاسای خودا جەنگ بازێ جار سوودی لێ پەیـــدا ئەبێو بازێ جار زیان ، وە ئەمەیش قەی ناکاو خۆت ئەزانی کە خودا یارمەتی دان لە واقیعەی بەدرا لەو کـــاتەدا یارانت ئەترسانو تۆیش بە ئەمری من وتت پێیان خـــودا سێ هـــەزار فریشتە رەوانە ئەکا بۆ یارمەتی ، هەزاریان فیعلەن ئەکەونە شەڕەوە وە دوو هەزاریان هەر بۆ زیادە دامەزراندنی دڵتانە • وە هەم لەسەر وەحی لە لایەنی منەوە وتت بە یاران : ئەگـــەر سوپای کورزی کوڕی جابر بێن بۆ سەرتانو ئێوەیش خۆگرو خاوەن پارێز بن پێنج هەزار مەلائیکەتان بۆ رەوانە ئەکـــەم ، بەلام سوپای کورز نەهات بۆیێ ئەو فریشتانەم نەنارد ، هەروا خودا حازرە بۆ ئیمدادی تۆ ، ئەی خۆشەویست ، وە ئاگادارە لە ئەحواڵتان •

جا لەم بەیانەوە دەرکەوت کە لە لایەنی خوداوە لە رووداوی ئوحودا ئیمدادی خودا بە فریشتە ناردن نەبوو ئیللا ئەو دوو فریشتەیە نەبێ کە لە بازێ ریوایەتا هەیە خودا ناردوونی بـــۆ پارازتنی حەزرەت (د) لە کوشتن • وە لە بـــەر ئەوە ئیمدادی نەدان چونکی بە هۆی ئەو موخالەفەی حەزرەتەوە قەلبی حەزرەت

ئێشا وه ئەو جیلوەی کەرەمی خودایە نەما لە سەریان هەتا فریشتە رەوانە بکا بۆ یارمەتیدانیان ، وە باسی فریشتەکان هەمووی هەر عائیدە بە گێڕانەوەی رووداوی بەدر بۆ دڵخۆشکردنی حەزرەت (د) ٠

بەلاَم وەکوو لە تەفسیری (روح المعانی) دەرئەکەوێ واتەیێ هەیە کە ئایەتی (بلى ان تصبروا وتتقوا) تا ئاخر لەسەر رووداوی ئوحودە ؛ چونکی پاش ئەوە کە قورەیشەکان خۆیان بە غاڵب زانیو رووبەڕووی مەککە گەڕانەوە ، لەو دەرچوونەیان پەشیمانبوونەوەو وتیان : ئەبوا داخڵی شاری مەدینە ببووینایێو خۆمان دەربخستایێو فیعلەن ویستیان بگەڕێنەوە ٠

جا خودای تەعالا وەحیکرد بۆ حەزرەت (د) کە ئەمر بکا بە ئەسحابەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ موقابەلەی قورەیشو موژدەیشی دا بە حەزرەت (د) : هیچ باکت نەبێ لە هاتنەوەی ئەو کافرانە . وە ئەگەر ئێوە تۆزێ خۆبگرنو تەقوای خودا بکەن ، واتە یارەکانت بێ ئەمری تۆ نەکەن ، مادام ئەو کافرانە بەم رقو غەزەبە کە وا لە دڵیانا بگەڕێنەوە لەم سەفەرەدا خودا ئیمدادتان ئەکا بە پێنچ هەزار فریشتە کە ئەو کافرانە نیشانە بکەن ، وە نەسرەت هەر لەلای خوداوەیەو یارمەتیتان ئەدا بۆ ئەوە کە بازێ لەو کافرانە بکوژێو بازێك رسوا بکا بە نائومێدی بگەڕێنەوە ٠

جا بینا لەسەر ئەم فەرموودەی خاوەنی (روح المعانی)ە باسی فریشتەی بەدر لە پاش کەلیمەی (بلى) ئەبڕێتەوە ، وە لە ئیبتیدای (ان تصبروا وتتقوا) هەتا ئاخری سێ ئایەت باسی

ناردنی فریشته ئەکا بۆ ئیمـدادی موسوڵمانان پاش ڕووداوی ئوحود بە شەرتێ ئەو کافرانە بگەڕێنەوە بەڵام بە میهرەبانـی خودا لەگەڵ حەزرەتا ترسێ کەوتە دڵی قورەیشەکان وە وایان بیست کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینەی مونەووەرە بەرباد ئەبن ، وە فیعلەن حەزرەت (د) بۆ ئەوە ئیسباتی هێزی خۆیان بکاو ئەوانیش بخاتە بیمەوە ئەندازەیێ لە ئەصحابەی ڕێکخستو ڕۆییشت بە دوای قورەیشەکاندا هەتا ماوەیێ ئەوسا گەڕانەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە ٠

بزانن ! ڕووداوی ئوحود یەکێ بوو لە ڕووداوە نابارەکانی عەهدی دەعوەتی حەزرەتی پێغەمەر (د) ، لەو ڕووداوەدا کـــە ئەصحابەکان شکانو بڵاوەیان کرد کەس نەمایەوە لە دەوری حەزرەتا (د) ئیللا دوازدە کەس ، وەکوو ، ئەبوبەکرو عومەرو عەباسو عـــــەلیو زوبەیرو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەعـدو سەعدی کوڕی ئەبـــی وەقاصو طەلحەی کوڕی عوبەیدیللاو قەتادەی کوڕی نەعمانو چەن کەسێکی تر ٠ وە لەم هەلـــــەدا کافرەکان هێرشیان هێنا بـــۆ سەر حەزرەتو ئـــەم کۆمەڵـە مودافەعەیان ئەکرد لە حەزرەت بە هەموو هێزی خۆیان ، وە ژنی کافرەکان هاتن ئەعزای شـــــەهیدەکانیان ئەبڕیو عەیبداریان ئەکردن ، وە لەو کاتەدا عەبدوڵلای کوڕی قەمئە نزیك بووەوە لە حەزرەت (د) بەردی فڕێ ئەدا بۆی وە بەردێ دای لە ڕوخساری موبارەکی لووتی بریندارکردو ڕوخساری زامارکردو لە دانی ریزی لای ڕاستی لە خوارەوە ڕوباعییەی حەزرەتی شکانـــدو مەصعەبی کوڕی عومـــەیر مودافەعەی ئەکرد لـــە حەزرەتو

عەبدوڵلای کوڕی قەمئە مەصعەبی شەهیدکردو لەبەر ئەوە کە مەصعەب زۆر نزیکی حەزرەت بوو وە عەبدوڵلای کوڕی قەمئە وای زانی حەزرەتی شەهیدکردووە ، بانگی دا بە ناو خەڵکــا محەمەدم کوشت ، وە ئەو دەنگە بەناو کافرەکانا بڵاوبووەوە وە زۆر شێتگیرتر بوون بۆ هوجووم و ئەصحابەکان زۆرتر دڵیــان زەعیف بووو کەوتنە بێتفاقیو راکردن بەملاو بەولادا ٠

لەویا ئەنەسی کوڕی نەضر بانگی کرد لە ئەصحابەکان وتی: ئەگەر محەمەد کوزراوە خودای محەمەد نەکوزراوە وە ئیتــر ئێوە لە پاش محەمەد ژیانتان بۆچیە ! یاڵلا گردببنەوەو جیهاد بکەنو شەڕ بکەن لەسەر دینی محەمەدو بمرن لەسەر ئەو حاڵــە کە محەمەد مردووە لەسەری ، وە سەری بەرزەوەکردو وتــی : (اللهم اني اعتذر اليك من هؤلاء المسلمين وابرء اليك مما جاء به المشركون) ٠

لە پاشا حەزرەت خۆی بانگیکرد لە موسوڵمانەکان : ماوم گرد ببنەوە لێمو نزیکی (٣٠) ســی کــەسی لێگردبووەوەو کافرەکانیان دوور خستەوە لێی لەویا حەزرەت چاوی کەوت بە پیاوێ لە صوورەتی مەصعەبی کوڕی عومەیردا وای زانــی مەصعەبەو نەکوژراوە ، بانگی لێکرد یا مەصعەب نزیک بەرەوە لێم ! ئەویش عەرزی کرد : من مەصعەب نیم ، جا حەزرەت حاڵی بوو کە ئەو کەسە لە مەلائیکەیەو دیفاع لە حەزرەت ئەکا ٠

وە لەویا سەعدی کوڕی ئەبیوەقاص ئەوەندە تیری هاویت هەردوو لای کەوانەکەی زایە بوو وە حەزرەت تیردانەکەی خۆی پێداو فەرمووی : (ارم فداك أبي وامي) ، وە ئەبو طەلحــە

تیراندازێکی چاك بوو دوو کەوانی لەو رۆژەدا شکاند وە کەسێ لە یاران کاتێ رائەبورد حەزرەت ئەیفەرموو : بەشی ئەبو طەلحە بدە لە سەرە تیر ٠ وە لەو رۆژەدا دەستی ئەبو طەلحە لە کـــار کەوت ئـــەوەندە ماندوو بوو ، وە چاوی قەتادەی کوڕی نوعمان کەوتە سەر روخساری ، جا حەزرەت (د) چاوەکـــەی خستەوە جێگەی خۆی بە قودرەتی خودا پەیوەست بووەوەو لەوسا باشتر ئەیبینی ، جا حەزرەت لەو شوێنی خۆیە هەستا جێگەکەی گۆڕیو سەرکەوت بۆ شوێنێکی قایمتر ، لەو کاتەدا ئوبەییی کـــوڕی خەلەف رایکرد بە شوێنی حەزرەتاو وتی : قەت رزگار نەبـــم ئەگەر نەتکوژم ، لەویا حەزرەت (د) حەربەیەکی لە حارثـــی کوڕی صەمە وەرگرتو دای بە گەردنی ئوبەیداو کـــەوت ، وە هاواری ئەکرد ئەیوت : ئەم ئێشە وا لە گیانی مندا ئەگەر لـــە گیانی هەموو هۆزی رەبیعەو موضەردا بوایێ ئەمردن ! وە پاش رۆژێ مردو رۆییشت بۆ شوێنی شوومی خۆی ٠

جا ئەبو سوفیان کە باسی کوشتنی حەزرەتی بیستبوو لەناو کافرەکانەوە بانگی کرد : محەمەد ماوە لە ناوتانا ؟ حـــەزرەت فەرمووی : جوابی مەدەنەوە ، هەتا سێجار بانگی کرد کـــەس جوابی نەدایەوە ، جا بانگی کـــرد : کوڕی ئەبـــو قوحافە وا لەناوتانا ؟ کەس جوابی نەدایەوە ، جا بانگی کرد : عومەر ماوە لە ناوتانا ؟ کەس جوابی نەدایەوە ، ئەبو سوفیان رۆییشت بـــۆ لای کافرەکان پێی وتن : ئەوانە کەسیان نەماون ٠ لێرەدا عومەر خۆی پێ نەگیرا بانگی کرد : وەڵڵا درۆت کرد ئەوانەی کە تـــۆ ناوت بردن هەموویان ماونو بەشی تۆمـــان ماوە کـــە تۆڵەت لێ بستێننو بزانە کوژراوی ئێمە هەموو ران لە بەهەشـــتاو

کوژراوی ئێوه وان لەناو ئاگراو ، حەرب وەکو دولّچه وایـــه هەر ساتێ وا بەدەستی کەسێکەوە •

جا ئەبو سوفیان بانگی کرد : ئێوه بازێ کوژراو ئەبینن که عەیبدار کراون من ئەمرم پێ نەکردوونو دەستیکرد بـــــه خوێندنەوەی نەشیدی خۆیانه (اعل هبل ، اعل هبل !) ئەمـان بێدەنگ بوون ، حەزرەت فەرمووی : بۆ جوابی نادەنەوه ؟! وتیان : چی بلّێین؟ فەرمووی : بلّێن (الله أعلى وأجـل ، الله أعلى وأجل) ، جا ئەبو سوفیان وتی : (ان لنا العزى ولا عزى لكم !) ، حەزرەت فەرمووی : بلّێن (الله مولينا ولا مولى لكم) • هەروا پاش ماوەیێ کافرەکان گەڕانەوەوکەوتنه ڕێ بۆ مەککەو به خۆشی دەرچوون •

جا حەزرەت (د) گەڕایەوه بۆ مەدینەو زۆر دۆعای شەڕی ئەکرد لەو کافرانه وەکوو بوخاریو ترمذیو نەسائی ریوایەت ئەکەن له ئیبنو عومەرەوه (خ) کـــه حـــەزرەت ئەیفەرموو : (اللهم العن ابا سفيان ، اللهم العن الحارث بن هشام ، اللهـــم العن سهيل بن عمرو • اللهم العن صفوان بن امية !!) وه تـــا چەن رۆژێ دەوامی کرد لەسەر دۆعاکردن جـا ئـــەم ئایەتـه هاتەخوارەوه •

﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست نیه بۆ تۆ له حوکمی قـەزاو قەدەر هیچ شتێ کەم یا زۆر •

﴿ أَو يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ﴾ :

وه به دەستی تۆ نیه ئەمه که خودا تەوبەیان لێ قەبووڵ بکا ، خودا خۆی ئەتوانێ کـــه تۆبەیان لێ قەبووڵ بکا کاتێ کـــه تۆبەیان کرد .

﴿أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾ : (١٢٨)

یاخود به دەستی تۆ نیه ئەگەر خودا عەزابیان بدا له دنیادا یا له قیامەتا ؛ چونکی به راستی ئەو کافرانه ستەمگارن .

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ﴾ :

هەر بۆ خودایه پادشایی بەسەر هەرچی وا له ئاسمانەکاناو هەرچی وا له عەرزا .

﴿يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَـــاءُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ : (١٢٩)

عەفو ئەکا ئەوەی خواستی لەسەر عەفوی هەبێ وه عەزاب ئەدا ئەو کەسەی خواستی لەسەر عەزابدانی هەبێ . وه خودای تەعالا میهرەبانو تاوانبەخشه .

جا لەفزی (أو يتوب) و (أو يعذبهم) به نەصبەی ئاخریان به تەقدیری عامیلی ناصیبه وه لەسەر تەئویلیان به مەصـــدەر مەعطووف ئەبن لەسەر لەفظی (أمر) و تەقدیری کەلام (ليس لك من الامر أو التوبة عليهم او تعذيبهم شيء مطلقا والكـــل راجع الى الله تعالى) .

جا لەبەر ئەوەی زیانی سوودخواردن زیانێکه ئەبێ به هۆی مەحوبوونەوەی گەلێ خانەدانو گەلێ ئەولادو نەتەوه وەکـــوو

چۆن لە جەنگدا ئەم عالەمە ئەکوژرێو کەس رەحم بـە کـەس ناکا ... وە لەولایشەوە خودا ئیعلانی شەڕی کردووە لەسەر سوودخۆر .. خودای تەعالا بە شوێنی رووداوی جەنگی ئوحردا ئایەتی مەنعی سوودخواردنی نازڵکردو فەرمووی :

﴿ یا أَیُّها الَّذینَ آمَنُوا لا تَأکُلُوا الرِّبا أَضْعافـاً مُضاعَفَةً ﴾ :

ئەفەرموێت : ئەی کەسانێ کە ئیمانو باوەڕتان هەیە بـە خوداو پێغەمەر سوود مەخۆن بە چەنقات زیاد لە سوودە دیاری کراوەکە لە ئەووەڵەوە ، کە ئەم چەن قاتە زیادەیش وەرئەگرن بەهۆی دووقاتکردنەوەی سوود لە وادەی قەرزوەرگرتنا لـە کابرای قەرزار .

ریوایەتکراوە لە عەطاء ئەڵێ : عەرەب وەختێ خۆی ماڵیان ئەفرۆشت بە قەرز بە وادەی ساڵێ ـ مەثەلا ـ بە دە دینار ، وە کاتێ وادەی قەرزەکە ئەهات مـادام کابرا پارەی نەبوایـە بیداتەوە ئەو دە دینارەیان ئەکرد بە دوازدە دینار ـ مـەثەلا ـ وە لە وادەکەیشیان زیاد ئەکرد تا ئەبوو بە دوو ساڵ ، وە لـە ئاخری دوو ساڵەکەدا مادام کابرای قەرزار پارەی نەبوایـە بیداتەوە ئەو دوو دینارە زیادەیانە ئەکرد بە چوار دینـارو وادەکەیان پاش ئەخست بۆ سێ ساڵ ، وە لە ئاخری سێساڵەدا زیادەکەیان ئەکرد بە هەشت دینار ... ئەم موعامەلە ئەبوو بە خواردنی سوودی چەن قات زیاتر لە سوودە ئەصڵییەکە بە هۆی ئەو موضاعەفاتەوە . وا ئە بوو کابرای قەرزار چارەی نەئەما مەگەر لەو ولاتە رای بکردایە ! جا خودای تەعالا مەنعـی

موسوڵمانانی کرد لــه ئیستیمرار بەو یاســا ناهەمواری زەمانی جاهیلیەتەو بە تەئکید ئەمری کرد بە تەقواو پارێز لە عیقابی خوداو فەرمووی :

﴿ واتَّقُوا اللهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُون ﴾ : (١٣٠)

واتە تەقوای خودا بکەن‌و تەرکی ئەم یاسا ناشیرینە بکەن، بەڵکو خودا رزگارتان بکات ٠

﴿ واتَّقُوا النَّارَ التي أُعِدَّتْ للكافِرين َ﴾ : (١٣١)

وە خۆتان بپارێزن بە هۆی پارێزکردن لە تاوانباری لەو ئاگرە سەختە ناهەموارە کەبە تایبەتی ئامادەکراوە بۆ کافرەکان٠ واتە ئەساسەن خودا نایەوێ ئادەمیزاد عەزاب بدا مادام ئیمانی ببێ ٠ هات‌و کافر بوو خۆی بۆ خۆی ئامادە ئەکا بۆ ئەو عەزابە ناپارە ٠ جا هەرکەسێ پارێزی نەکرد لە گوناح ئەوە خــــۆی کردووە بە هاوڕێی کافرەکان لە موبالات نەکردن بە گوناحا جا خودا عەزابی ئەدا ٠

یاخود ئەگەر ئینسان ـ خودا نەخواستە ـ موبالاتی نەکرد بە تاوان دڵی رەش ئەبێتەوە هەتا ئەندازەیێ قیمەتی فەرمانی خودای لەلا نامێنێ‌و ـ پەنا بەخودا ـ کافر ئەبێ ٠ وە واقیعــا لەم حاڵەدا موستەحەق ئەبێ بە عەزابــی جەهەننەم وەکــــــوو کافرەکان ٠

ئەم ئایەتە ئیشارەیە بۆ لای ئەوە کــە سوودخواردن پێش قەرەووڵی کوفرە ، مادام کابرا دەوامی کرد لە سەر سوودخواردن غالبا کافر ئەبێ ٠

﴿ وأطيعوا اللهَ والرَّسولَ لعلَّكُمْ تُرحَمُونَ ﴾ : (١٣٢)

وه فەرمانبەرداری خوداو پێغەمەری خودا بکەن رجایە کە رەحمتان پێ بکرێ ·

﴿ وسارِعوا إلى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ ﴾ :

پەلەپەل بکەن بە بەجێهێنانی فەرمانی خودا بۆ ئەوە کە خودای ئێوە تاوانتان بپۆشێ ·

﴿ وجَنَّةٍ عَرْضُها السَّموات والأرْضُ ﴾ :

وە پەلەپەل بکەن بۆ ئیستیحقاقی ئەو بەهەشتە گوشادە کە پانایییەکەی بە قەی پانایی ئاسمانەکانو عەرزە ·

﴿ أُعِدَّتْ للمُتَّقِينَ ﴾ : (١٣٣)

کە حازرو ئامادە کراوە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن تەقوانو خۆیان پارازتووە لە کوفرو لە هەڵگرتنی تاوانی گەورەو لە رۆچوون بە خۆشەویستی دنیادا ·

هەرچەن خودای تەعالا جێگەیێ دیاری مەعلووم نەکردووە بۆ بەهەشت بەڵام لە فەرموودەی حەزرەت کە فەرموویەتی : (سقف الجنة عرش الرحمن) دەرئەکەوێ کە بەهەشت عالەمێکی زۆر گۆشادو پانو درێژ بێ لە ژوور ئاسمانەکانو لە خوار عەرشەوە ، هەروا لە ئایەتی چل لە سوورەتی ئەعراف (ان الذين كذبوا بآياتنا واستكبروا عنها لا تفتح لهم أبواب السماء ولا يدخلون الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط وكذلك نجزى المجرمين) ، وە لەو حەدیثا کە ئەبو زەڕی غەفاری ریوایەتی

کردووه دەرئەکەوێ کـــە عەرزو ئاسمانەکان بـــە نیسبەتی کورسییەوە وەکو حەڵقەیێکە لە سارایەکدا،وە کورسی نیسبەت بە بەهەشت وەکوو هەڵقەیێکە لە دەشتێکدا ٠

وەلحاصڵ خودای تەعالا لەم عالەمی مەوجوودی موعتەبەرەدا کە مەگەر خۆی بزانێ چۆنەو مەسافەی چەندێکە ئەم عـــەرزو ئاسمانو ئەسێرانەی دروستکردووە ، وە لە ژووری ئەمانەوە کورسیو ، لە ژووری کورسیو لـــە ژێر عەرشا بەهەشـــتی دروستکردووە ٠ وە ئەم بەهەشتە ئیستە مەوجوودە خـــودا دروستی کردووەو ئامادەی کردووە بۆ ئەوانە کە موستەحەقـــی بەهەشتن ، وە لـــە رۆژی قیامەتا تـــا ئەرۆنە ناوی لەســـەر تەقسیماتێکیشەرعی بە پێی عیلمی خودا بە جەزای عیبادی خۆی بە فەزڵو ئیحسانی خۆی ٠

هەروا عالەمی جەهەننەم ئەویش مەخلووقەو ئامادە کراوە بۆ ئەوانە کە ئیستیحقاقی عەزابیان هەیە لەو شوێنەدا کە خودا بڕیاری داوە ٠

جا خودای تەعالا بەیانی ئەو ئەهلی تەقوایە کردووە بـــە چەن سیفەت ؛ یەکەم کە ئەفەرموێت :

﴿ الَّذينَ يُنْفِقُونَ في السَّرَّاءِ والضَّرَّاءِ ﴾ :

ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا لە کاتی خۆشیو ناخۆشیدا لە وەختی هەرزانیو گرانیو لـــە کاتی لەشساغیو بیماریدا ٠ سیفەتی دووەم :

﴿ والْكاظِمينَ الغَيْظَ ﴾ :

واتە ئەو خاوەن تەقوایانە کـــــە رق‌و دڵگـرانی خۆیان ئەخۆنەوەو دەری نابڕن • سیفەتی سێهەم وا لەم عیبارەتەدا :

﴿ والعـافـِين عـن ِ النّاس ِ﴾ :

واتە ئەو خاوەن تەقوایانە کە ئادەمیزاد عەفو ئەکەن لـــە ئازاردانیان لە کاتێکا تەوانایان هەیە کە ئازاریان بدەن بـــە مەحزی چاکەو ئیحسانکردن •

﴿ واللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴾ : (١٣٤)

وە خودای تەعالا چاکەکەرانی خۆش دەوێ • وە سیفەتی پێنجەم بەیانکراوە لە فەرموودەی :

﴿ والذينَ إذا فَعَلوا فاحِشَةً أَو ظَلَموا أَنْفُسَهُمْ ذَكَروا اللّه فَاسْتَغْفَروا لِذنُوبِهِمْ ـ ومَـــنْ يَغْفِـــرُ الذُّنوب إلا اللّهُ ؟ ـ ولَمْ يُصِرّوا على ما فَعَلُوا وَهُـــمْ يَعْلَمُونَ ﴾ : (١٣٥)

واتە ئەو خاوەن تەقوایانە کە حاڵیان وایە هەرکاتێ کارێکی شەرم ئاوەری ناشیرینیان کرد وەکوو زیناکردن بێ یا ستەمیان لە خۆیان کرد بە تاوانێکی غەیری فەحشکاری وەکوو تەعەڕوض بۆ نەفس یا بۆ ماڵ یا بۆ پایەی کەسێ •• بیری قاری خـــودای گەورە ئەکەنەوەو ئەپاڕێنەوە لە خوداو داوای عـــەفوی لـــێ ئەکەن‌و لەسەر کردەوە نابارە ناهەموارەکەی خۆیان دەوام ناکەن لەگەڵ عیلم‌و زانستا • وە لە حەقیقەتا کارێکی زۆر باش ئەکەن کە داوای عەفو لە خودا ئەکەن ؛ چونکی کێ هەیە کە تاوانپۆش بێ بۆ بەندەکان غەیری پەروەردگاری میهرەبان ؟ •

﴿ أولـئـِكَ جَزائُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ ﴾ :
ئەو کەسانە کە ئەم سیفەتانەیان هەیە جەزایان عەفـــوو تاوانپۆشییە لە لایەنی خودای خۆیانەوە ٠

﴿ وجَنَّاتٌ تَجْري مِنْ تَحتِها الأَنهارُ ﴾ :
وە چەن بەهەشتێکە کە جۆباری زەلاڵ لـــە ژێریان رەوان ئەبێ ٠

﴿ خالِدينَ فيها ﴾ :
وە حاڵی ئەو کەسانە کە ئەڕۆنە ناویان وەهـــایە بڕیاری دەوامیان بۆ دراوە لەو بەهەشتانەدا هەتایە ٠

﴿ ونِعْمَ أَجْرُ العامِلِين ﴾ : (١٣٦)
زۆر جوانە پاداشی ئەوانە کە کردەوەی باشیان هەیە لەبەر رەزای خودای تەعالا ٠

بێداربن ! ئیستیغفار لەو ئایەتەدا بە نیسبەتی ئـــەو گوناهانە کە هەر حەقی خودان تەوبەو پەشیمانبوونەوەیە بـە دڵو عەزمە لەسەر ئەوە کە جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو تاوانە ٠ وە ئەگەر حەقی مەخلووقیشیان تێدایە وەکوو ئـەوە کەسێ بکوژێ یا ماڵێ داگیر بکا ئەوە ئیستیغفار بە نیسبەتـــی ئەوانەوە عیبارەتە لە رەدی حوقووقی ماڵیو داوای عەفو لـــە خاوەن حەقی غەیرەماڵی ئەگەر لە فیتنە نەترسێ ، بەڵام ئەگەر ترسا لە فیتنە وەکوو ئەوە جنێوی دابێ بە کەسێ یا حەقێکـــی وای لەسەر بێ ئەگەر دەری بڕێ ئاشووب پەیدا ببـێ ئـــەوە

شاردنەوەی پێویستە بۆ ئەوە کە تاوانەکەی نەبێ بە هۆی چەن تاوان ٠

﴿ قدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ ﴾ :

بە راستی رابووردووە لە پێش زەمانی ئێوەدا واقیعاتو رووداوی زۆر کە خودای تەعالا رایبواردوون بەسەر ئوممەتی خاوەن ئیمانو ئوممەتی کافرو بێ ئیماندا ، وە بەسەر ئوممەتی راسانی راستکارو بەسەر ئوممەتی ستەمکارا ٠٠٠

﴿ فَسِيرُوا في الأرضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عاقِبَةُ المُكَذِّبِين ﴾ : (١٣٧)

جا بڕۆن بگەڕێن بە دنیادا تەماشا بکەنو مولاحەزەی ئاساری خەرابەی شارانو وێرانەی دیارانو نووسراوی ئەشکەوتو مەغاران بکەن ، وە یا ئەگەر خوێندەوارن تەماشای مێژووی جیهان بکەن هەتا باش تێ بگەن لەگەڵ ئەوەدا کە قیامەت جەزاخانەی ئادەمیزادە ٠ هەر نەفسی ئەم جیهانەیش وەکوو دادگای عالەمی وایەو هەر کەسێو هەر ئوممەتێ بە ئەنجامی خۆی ئەگا ٠ کەوابێ ئەبێ بزانن تەنیا ئێوە لە جەنگی کافرانا گیرۆدەی کوشتنو بریندداری نەبوون ، بەڵکو گەلێ پێغەمەران لە بەنی ئیسرائیلو غەیری بەنی ئیسرائیلو ئەتباعەکانیان کەوتوونەتە جەنگەوە لەگەڵ کافراناو گەلێکیان لێ کوژراوە بەلام لە ئەنجاما سەرکەوتن هەر بۆ حەقو حەقیقەتە ٠

﴿ هَذا بَيانٌ للنّاسِ وهُدىً وَمَوْعِظَةٌ لِلمُتَّقِينَ ﴾ (١٣٨)

ئەم قورئانە کە رەوانەمکردووە بۆ سەر خۆشەویستت بـۆ دەستووری خۆیو پەیڕەوەکانی بەیانەو ئەحکام روونکەرەوەیەو هۆی شارەزاکردنەو ئامۆژگارییە بۆ ئەوانە کــە عەقڵدارنو تەقوای خودا ئەکەنو ئەیانــەوێ لە عەزابو جەزای ئازارداری قیامەت رزگار ببن •

﴿ولا تَهِنُوا﴾ :

سستمەبن •

﴿ ولا تَحْزَنُوا ﴾ :

زویریش مەبن بەو کارەساتە کــە تووشتان بــوو لــە (ئوحود)ا •

﴿ وأنْتُمُ الأَعْلَوْنَ ﴾ :

وە ئێوە بەرزتر ئەبن بەسەر کافرەکانا •

﴿ إنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِين ﴾ : (١٣٩)

ئەگەر دامەزراو بن لەدینو ئیمانی خۆتانا •

﴿ إن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکانی رووداوی ئوحود ئەگەر ئێوە بریــنو شکستەیەکتان تووش بوو لە ئوحودا •

﴿ فَقَدْ مَسَّ القَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ ﴾ :

کافرەکان شکستەیێکی وەکوو ئێوەیان تووش بوو لــــە رووداوی بەدرا •

﴿ وتِلْكَ الأيّامُ نُداوِلُها بَيْنَ النّاسِ ﴾ :

وه ئەم ئەییامو زەمانە دائیر ئەکەینو رائەبوورێن لە بەینی ئادەمیزادا •

﴿ ولِيَعْلَمَ اللهُ الّذينَ آمَنُوا ويَتّخِذَ مِنكُمْ شُهَداءَ ﴾ :

با عیلمی خودا تەعەللوق ببەستێ بەوانەتانەوە کە بە راستی خاوەن ئیمانو دامەزراوە لە نەفسی خۆیاو چەن شاهیدێ لە خۆتان وەکوو غەیری خۆتان بگرێ بۆ ئاگاداری لەسەر ئیمانو دامەزرانی حاڵتان • ئەمە زۆر بەسوودە بۆ راگرتنی مێژووی کارەساتەکانی جیهانو بۆ سەربەرزی رۆژی قیامەتیشتان • وە یاخود با خودای تەعالا چەن کەسێکتان بکوژێ لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئالاّی راستیدا هەتا بێجگە لە سەربەرزی دنیاتان لە رۆژی قیامەتا لەگەڵ ئەوانا حەشر بکرێن کە خودا نیعمەتی خۆی رژاندووە بە سەریانا لە پێغەمەران (د) ، وە لەوانە کە صدیق بوون: ئیمانیان بووە بە غەیبو باوەڕیان کردووە بە رەهبەرە سەربەرزەکان ، وە لەوانە کە لە رێگەی خودادا بە خوێنی خۆیان رووی عەرزیان رەنگ‌کردووە لەگەڵ ئەوانەدا کە بۆ خودا سوڵحاون •• خودا لە هەموویان رازی بێو لە ئێمەیش لەگەل ئەوانا •

بزانن ! خودای تەعالا عیلمی هەیە بە هەموو شتێ (ازلا وابدا) بەلاّم هەرچی رووئەدا بە سیفەتی رووداوی تازە دووبارە عیلمی خودا تەعەللوق ئەبەستێ پێیەوەو ، هەرچی (لیعلم الله) و ئەمسالی ئەوە هەیە لە قورئانا لەسەر ئەم

ئیعتیبارەیە ٠

﴿ واللّهُ لا یُحِبُّ الظّالمینَ ﴾ : (١٤٠)

وە بەراستی خودا هەموو ستەمکارێ ئەبوغزێنێو رقیەتی لێیانو ئەگەر ماوەیێ مۆڵەتیان بدا لە رۆژی خۆیا ئەیانگرێو باش ئەیاندا بە عەرزا ٠ خودا ئیمهالی هەیە بەلاّم ئیهمالی نیە ٠ پەنا بەخوداو بە میهرەبانییەکەی ٠

﴿ ولِیُمَحِّصَ اللّهُ الّذینَ آمَنوا ویَمْحَقَ الکافِرینَ ﴾ : (١٤١)

وە ئەو کارەساتەی بەسەرتانا هێنا بۆ ئەوە کە خودای تەعالا موسوڵمانەکان پاك بکاتەوە لە تاوانێ کە لەسەریان بوو، وە لە ئەوهامو خەیالاّتی غەیرەموناسب کە گومانی ئەوە بوو موسوڵمانان ناشکێن لە جەنگا ٠ وە لە ئەنانییەتو خۆخۆشویستنو منافەقەکان ؛ چونکی ئەگەر رووداوی ئوحود نەبوایێ قابیل بوو بازێ کەس وا گومانی ببردایە کە عەبدوڵلاّی کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول موسوڵمانە ، بەلاّم لەو رۆژەدا دەرکەوت کە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نیە ؛ چونکە هەزار عوزری شڕۆڵەی ببوایە ئەو رۆژە رۆژی ئەوە نەبوو کە ئەو سوپایە کەم بکاتەوە بە ئەندازەی سێیەك ، وە ئەگەر گەورەیی دەروونی حەزرەت نەبوایە پاش ئەو رووداوی ئوحودە لەهەر هەڵێکا ببوایە ئەبوو هەمووی دەربکردنایە لە مەدینەی مونەووەرە ، با لەوە زیاتر ئەو بوومە پاکە شووم نەکەن ٠٠ وە (بالآخرة) تا پاکیشیان بکاتەوە لە بێئەمری حەزرەت ؛ چونکی بە ئاشکرا دیارە ئەگەر

تیراندازەکان پشتی سوپای حەزرەتیان چــــۆڵ نەکردایــــێ دوژمنەکان جەسارەتیان نەدەکرد بێن بۆ نزیکی حەزرەت یــــان بگەن بەو بەرزیی ددانەیە ئەوان بە سەریەوە بوون • پەنجــا تیرئەندازی پاڵەوان کەم نیە کە لە شوێنێکی بەرزەوە تیر بخا لە دوژمنێ لە خوارەوە بەرزەوە ببن • بەڵام حیکمەتی خودا کەس نایزانێ خۆی نەبێ •

وە لە لام وایە حیکمەتی لــــە هەموو بەرزتر ئەوە بوو تــا ریسالەتی پێغەمەر (د) وەکو رۆژ بە ناوەڕاستی ئاســــمانەوە دەربکەوێ ئەم زاتە چۆن لە ئینتیصاراتی بەدرا لەسەر حاڵــــی خۆی ثابت بوو هەروەها لەم رووداوی ئوحودەیشا هەر نەگۆڕاو بە وێنەی پیاوێکی سەلاری سوپاسالاری دامەزراو عەزمــــــی نەشکاو نەگریا بۆ حەمزەو بــــۆ خزمەکانیو بــــۆ ئەصحابە شەهیدەکانی ، وە بە وێنــەی پاڵەوانی نــەبەز بەو خوێنــەوە سوپیەکی رێکخستو کەوتە شوێن دوژمنەکانی هەتا وا حاڵی نەبن کە محەمەد کەوتووەو بێدەست بووە ، وە وا بزانن تــازە هێزی رۆحو قەلبی موبارەکی کەوتووەتە پڕتەودانو ئامادەیــە بۆ هەموو رووداوێکی وەها •

هەزاران سەلام لەو کەسەی وابــــێ
کە حوببی نەفســی لــــەلا نەمابــــێ
هەزارن ســـەلام لــــەو گەورە مەردە
کــــە پاڵەوانی رۆژی نــەبــەردە
هەزاران ســـەلام لــــەو شامەردانە
لــە رووی جیهانــا ئەبنــە تاقانــــە
هەزاران ســـەلام لــــەو خوداناسە
کە خاوەن دینو ئایینی راســـــە

هەزاران سەلام لـە مەردی تەواو
حەقناس ، خوداناس ، هەرگیز نەگۆڕاو
هەزاران سەلام لـەوەی تێکۆشـێ
تا جیهان بەرگی بـەرزی بپۆشـێ
سەلام لە خۆیو لە گشت یارانـی
لە رێـی خودادا فیداکارانـی
کام یار ؟ ئەوانە وەکوو خـەرمانە
بوون بە هەڵقەی ئەو ماهـە تابانە
مەصعەب بە سەهلی لەگـەڵ ئـالآدا
ئەگەڕا بـە دەور بـەژنی بالآدا
بەو سەعدە لەبەر ئازادی عەزمـی
فەرمووی : (فـداك ابـي وامي)
ئەبو دوجانـەی جانانەی جـوان
بەسەر حەزرەتا بووبوو بە قەڵغان !
زوبەیر وەکوو چەرخ ئەسووڕایەوە
هەتا ئاگرەکەی بـۆ کوژایـەوە
کوردێکم بە مـاڵ بە رۆحو گیانـم
بە قوربانی شـای خاوەن پەیمانـم
ئەو شاهە کـەوا رەحمەتی عامـە
رەهبەری رێگەی دینـی ئیسـلامە
(نامی) تـا ماوە ثەنا ئەخوێنـێ
بەم شاها چونکی بەرزی ئەنوێنـێ

★ ★ ★

جا خودای تەعالا روو ئەکاتە ئەصحابەکانی ئوحودو دەست ئەکا بە ئامۆژگارییان لەسەر یاسـای سوننەتوڵلآو ئەفەرموێت : ئادەمیزاد خواە دینی بێ یا دنیایی بێ لـە یاسای سوننەتوڵلآ

دەرناچێو لەو یاسانەیە کە خودا دایمەزراندووە ئەمە کــــــە کۆمەڵێ دینخواە پێویستە ماڵو رۆحو عەلاقەیان بکەن بــــە فیدای ئــەو هەدەفە کە کەوتوونە شوێنی ئەگەرنا ناگــەن بــە غایەی خۆیانو ئەفەرموێت :

﴿ أمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدخُلُوا الجَنَّةَ ولمَّا يَعْلَمِ اللهُ الَّذينَ جاهَدُوا مِنكُمْ ويَعْلَمَ الصَّابِرينَ ؟ ﴾ : (١٤٢)

واتە : یا خەیر باوەڕتان وەهابوو کە موستەحەقی چوونــە بەهەشت ببن وەلحاڵ هێشتا عیلمی خودا تەعەللوقی نەبەستووە بەوانەوە کە جیهاد ئەکەن لە رێگەی خودادا وە یا لە رێگەی خودا صەبر ئەکەنو خۆئەگرن لــــە بــــەر باری مەینەتو مەرارەتی دنیادا ؟

﴿ ولَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ المَوت مِنْ قَبْـــلِ أنْ تَلْقَوْهُ ﴾ :

وە بە راستی ئێوە بە داوای خۆتان ئارەزووی مردنتــــان ئەکرد لە رێگەی خودادا لە پێش ئەوەدا پێیبگەن ·

﴿ فَقَدْ رأَيْتُمُوهُ وأنْتُمْ تَنْظُرونَ ﴾ : (١٤٣)

دەی وا چاوتانکەوت بە مردن بە هۆی چاوپێکەوتنی بــــرا کوژراوەکانتانەوەو ئێوە ئەتانڕوانی بۆیان · جا ئەگەر ئێـــوە لەو تەمەننا پێشووەدا راستتان کردووە ئیتر لــــەم کارەساتــە بۆچی دڵگران بوون ؟ ئەو مردنە کە داواتان ئەکرد ئەمە بــوو پێویست بوو پێتان خۆش بێ ·

﴿ وما مُحَمَّدٌ اِلا رسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِـــــهِ الرُّسُلُ ﴾ :

محەمەد هیچ کەسێ نیە ئیللا پێغەمەرێکە کە لەپێش زەمانی ئەودا چەن پێغەمەری دی رابوردوون ·

﴿ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ على أَعْقَابِكُمْ ؟! ﴾ :

ئایا ئەگەر ئەو بمرێ یا بکوژرێ ئێوە وەرئەگەڕێن لەسەر پاژنەتان بەرەودوا ؟! واتە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفر (العياذ بالله) ؟ ئەم جوملە تەعریضە بەو کەسانەیان کە شەیتان خستیە دڵیانەوە پاش بیستنی کوژرانی حەزرەت (د) چارەسەری خۆیان بکەن‌و پەنا بەرنەوە بۆ لای پیاوەگەورەکانی قورەیش . یاخود جەوابی ئەو واتە هەڵەیە کە بازێ لە منافقەکان لە بیستنی کوژرانی حەزرەتا وتی بە بازێ لە موسوڵمانەکان : هەتا زووە بڕۆن پەنا ببەن بە گەورەکانی قورەیش‌و بڕۆنەوە بۆ سەر دینی ئەوان .

﴿ ومَنْ ينْقَلِبْ على عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللهَ شيْئًا : ﴾

وەلحاڵ هەرکەسێ هەڵسوورێتەوە لەسەر هەردوو پاژنەکانی‌و پاشەوپاش بڕوا (واتە مورتەد ببێتەوە) هیچ زیانێ بە بارەگای بەرزی کیبریای خودا ناداو هەر خۆی زیان ئەکا .

﴿ وسَيَجْزي اللهُ الشَّاكِرين ﴾ : (١٤٤)

وە بە راستی خودا لەمەولا جەزای ئەو کەسانە ئەداتەوە کە شوکری خودایان کردووە لەسەر نیعمەتی ئیسلام‌و زەحمەتەکانیان بە رەحمەت زانیوە .

وە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئیشارەیە بە رووداوێ لە رۆژی حەربی ئوحودا ، وەکوو ریوایەت‌کراوە لە عومەرەوە (خ) فەرموویەتی : لە رۆژی واقیعەکەدا بڵاوەمان کردبوو وە دوورکەتبووینەوە لە حەزرەت (د) و سەرکەوتم بە کێوەکەدا

لەو کاتەدا بیستم دەنگێ لە ناو کافرەکانەوە هات بەم شێوە (محەمەد کوژرا) ! منیش بانگمکرد : هەرکەسێ بڵێ محەمەد کوژرا ئەدەم لە گەردنی ! کە روانیم چاوم کەوت بە حەزرەت (د) وە ئەصحابەکان مەشغووڵ بوون ئەگەڕانەوە بۆ دەوری ، لەو کاتەدا یەکێ بانگی ئەکرد : (الا ان محمدا قد قتل فارجعوا الی دینکم الاول) وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەوە هاتووەتە خوارەوە٠

وە بەیهەقی لە (دلائل النبوة)دا ریوایەت ئەکا : کە پیاوێ لە موهاجیرین رابورد بەلای یەکێ لە ئەنصارا لە ئاخر ئەنفاسا لە نزیکی مردنیا ئەمیش پێـــــیوت : محەمەد کوزرا ! جـــا ئەنصارییەکە (خ) فەرمووی : ئەگەر کوژرابێتیش قـەی ناکا . ئەو دینەکەی تەبلیغکردو گەیاندی ! دەبڕۆن ئێوەیش جەنگ بکەنو دیفاع بکەن لە دینی خۆتان . وە ئەم ئایەتە لەسەر ئـــەوە هاتەخوارەوەو مانیع نیە لەسەر هەردوو ســـــەبەبەکە نازڵ بووبێ ٠

﴿ وما كان لِنفْسٍ ان تَمُوت اِلا بِاِذنِ اللهِ كِتابـاً مُؤجّلاً ﴾ :

جا خودای تەعالا لۆمەی ئەو کەسانە ئەکا کــە لە مردنو کوژران ئەترسنو لە رۆژی رووداوەکەدا دوورکەوتنەوە لــە حەزرەت (د) نەکا بکوژرێن ، وە ئەفەرموێت : بۆ هیچ نەفسێو هیچ گیانلەبەرێ مردن نیە ئیللا بە خواستی خودا نەبێ ٠ وە خودا مردنی گیانلەبەری نووسیوە بە نووسینێکی مووەقــەتو بڕیاردراو لە ئانێکی دیاریدا کە بەرو دوا ناکا ٠

﴿ ومَنْ يُرِدْ ثَوابَ الدُّنيا نُؤْتِهِ مِنْها ، ومَنْ يُرِدْ ثَوابَ الآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنها ﴾ :

جا ئیتر هەرکەسێ هەر خێرو سوودی دنیـــای ئەوێو نایەوێ تێکۆشێو جیهاد بکا لە ڕێگەی دینا ئەوە سوودی دنیای پێئەدەین ، وە هەرکەسێ خێرو سوودی پاشەڕۆژی ئەوێو خۆی ئەهاوێتە ناو کۆڕەی جیهادو جەنگەوە لــەبۆ سوودی پاشەڕۆژ ئەوە لە سوودی ئەو ڕۆژەی پێئەدەین ٠

﴿ وسَنَجْزي الشَّاكِرِينَ ﴾ : (١٤٥)

وە لەمەولا جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە مەشغووڵی شوکری خوداو هیچ مەبەسێ دووریان ناخاتەوە لە جیهادکردن٠

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە ئەڵێ کە خودای تەعالا بۆ هـــەر گیانلەبەرێ ماوەیەکی تایبەتی داناوە کەمو زیاد ناکاوئەجـەل عیبارەتە لە هاتنی ئاخری ئەو ماوە . وە مەعلوومە کە عیلمـی خودا بە قەطعی ناگۆڕێ . کەوابێ ئەجەل یەکێکەو هەرچـــەن ئینسان خۆی بپارێزێ لـــە مردن ئەبێ لـــەو کاتەدا بمرێو خۆپاراستن شتێکە عادەتەو یاسایـــەو فەرمانی پێدراوە ؛ چونکی ئێمە سوودو زیان بە زاهـــیر جیائەکەینەوەو کەسیش نازانێ بەچی ئەمرێ (بناء علیه) لە زیان خۆمان لائـــەدەیـــن ئەگەرنا ئەو خۆلادانە ئەبەدا بەقەی موویێ سوودی نیە ٠

﴿ وكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ قاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ ﴾ :

زۆر پێغەمەر بوون لەمەوپێش کە جیهادو جەنگیان ئەکرد لەگەڵ ئـــەو پێغەمەرەدا کۆمەڵێکی خوداناسی زۆر ٠

﴿ فَما وهَنُوا لِما أصابَهُمْ في سَبيلِ اللهِ ﴾ :

وه هەرکاتێ جەنگیان ئەکرد عەزمیان سست نەدەبوو لەبەر ئەو زەحمەتانە ئەگەیشتن بەوان لە ڕێگەی خودادا ٠

﴿ وما ضَعُفُوا وما اسْتَكانُوا ﴾ :

وه زەعیف نەدەبوون بەرابەر بە دوژمنەکەیان‌و سەریان شۆڕ نەدەکرد بۆ دوژمن ٠

﴿ واللهُ يُحِبُّ الصَّابِرين ﴾ : (١٤٦)

وه خودای تەعالا بە ڕاستی ئینسانە صابیرەکانی خۆش ئەوێ ٠

﴿ وما كانَ قَوْلَهُمْ إلا أنْ قالُوا رَبَّنا اغْفِرْ لَنا ذُنُوبَنا وإسْرافَنا في أَمْرِنا وثَبِّتْ أَقْدامَنا وانْصُرْنا على القَوْمِ الكافِرينَ ﴾ : (١٤٧)

وه ئەو کۆمەڵە خوداناسانە لەگەڵ ئەو عیبادەت‌و تاعەتەیانا وتارێکیان نەدەبوو ئیللا ئەمە نەبێ ئەیانوت : خودایە گوناحەکانمان بە عەفوی خۆت داپۆشەو عەفوومان بکە لە زیادەڕەوی لە ئیشی خۆماناو پێمان دابمەزرێنە لە جیهاداو یارمەتیمان بدەو زاڵمان بکە لەسەر ئەو قەومە کافرە بێ دینانە ٠

﴿ فَآتاهُمُ اللهُ ثَوابَ الدُّنيا وحُسْنَ ثَوابِ الآخِرَةِ ﴾ :

جا خودای تەعالا بە هۆی ئەو پاڕانەوەیان لە مەیدانی

عوبوودییەتا جەزای دنیای پێدان کە بریتییە لە غەنیمەو ماڵی تالانیو چاوکرانەوەی ئادەمیزادی ساغ ٠٠ وە سەوابی جوانی ئاخیرەتیش کە رەزای خوداو عوبوورە بە ئاسانی لەسەر صیراطو چوونەبەهەشتە ٠

﴿ واللهُ يُحِبُّ المُحْسِنِينَ ﴾ : (١٤٨)

وە لە واقیعا خودا پیاوچاکانو چاکەکەرانی خۆش دەوێ ٠

فەرموودەی خودا : (يا أيها الذين آمنوا ٠٠٠)

ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی ئەو موسوڵمانانەدا کە لە رۆژی ئوحودا منافەقەکانی ئەتباعی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول پێیان ئەوتن بگەڕێنەوە بۆ لای دینی خۆتانو براکانتان لە وڵاتی خۆتانا ، وازبێنن ! ئەگەر محەمەد پێغەمەر بوایێ نەدەکوژراو ئێوەیش گیرۆدە نەدەبوون ، جا خودا فەرمووی :

﴿ يا أَيُّها الَّذينَ آمَنُوا إِن تُطِيعوا الَّذينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلىٰ أَعْقابِكُمْ فَتَنْقَلِبوا خاسِرين ﴾ : (١٤٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوداو پێغەمەری ئەو ئەگەر ئێوە ئیتاعەی بازێ لەو ئینسانە کافرانە بکەن ئەوە پاشەوپاش ئەتانگەڕێننەوە بۆ سەر کافرییو ئێوەیش لە سوودو قازانج نا ئومێد ئەبن ٠ قەت نەخەڵەتابن بکەونە شوێن قسەی ئەو کافرانەو لەسەر حاڵی ئیمانی خۆتان دامەزراو بن !

﴿ بَلِ اللهُ مَوْلَيكُمْ وهُو خَيرُ النَّاصِرينَ ﴾ : (١٥٠)

بەلکوو هەر خودای تەعالا خۆی مەولاو سەییدەو ئەو چاك ناصیرو یارمەتیدەرێکە ·

فەرموودەی خودا (سنلقی ···)

ریوایەت کراوە لە سودەیی‌و ئیبن‌و عەباسەوە (خ) : کاتێ ئەبو سوفیان‌و کافرە موشریکەکان باریان کردو رووبەڕووی مەککە کەوتنە رێگە رۆییشتن هەتا ماوەیێ لە پاشا پەشیمان بوونەوە لە گەڕانەوەکەیان وتیان : ئیشێکی نابارمان کرد ! زاڵ بووین بە سەریاناو ئەو هەموو پاڵەوانانەمان لێکوشتن ئەم چەن کەسە ماون بۆچی وازیان لێ بێنین ؟! یاڵلا بگەڕێنەوە بۆ مەدینە حەتا بە تەواوی قەلاچۆیان ئەکەین ! بەلام کاتێ کەوتنە رێگە رووبەڕووی مەدینە خودا ترسێکی وەهای خستە دڵیانەوە نەیانتوانی رێبکەن دووبارە روویان‌کردەوە مەککە · جا لەم هۆیەوە خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کردو فەرمووی :

﴿ سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً ﴾ :

واتە بە تەئکیدو بە راستی ئەهاوینە ناو دڵی کافرەکانەوە ترس‌و بیم کە نەتوانن بێنەوە بۆ سەرتان ، ئەمەیشم لەسەر ئەوە کرد کە ئەوان شەریك بۆ خودا بڕیار ئەدەن وە لەسەر ئەم کارە خودای تەعالا هیچ دەلیل‌و هیچ حوجەتێکی بۆ نەناردوونەتە خوارەوە ·

﴿ وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ ﴾ :

وه له پاشەڕۆژیشا ماوایان ئاگری دۆزەخە ٠
﴿ وبِئْسَ مَثْوى الظّالمينَ ﴾ : (١٥١)
وه زۆر ناشیرینە مەڵبەندی ستەمکاران کە دۆزەخە ٠

فەرموودەی خودا (ولقد صدقكم الله وعده) ...

محەمەد کوڕی کەعبی قورەظی ئەڵێت : کاتێ حەزرەتو (د) ئەصحابەکان گەڕانەوە بۆ مەدینە لەناو خۆیانا کەوتنە وتووێژ کە ئەم نەگبەتە چۆن هات بەسەرمانا (مع انه) خودای تەعالا وەعدەی نەصرەتی پێدابووین ؟ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکرد : کە ئێوە خۆتان لاتان دا لە فەرمانی پێغەمەری خودا ، ئەگەرنا خودا نەصرەتی پێدان ، وە فەرمووی :

﴿ ولَقَدْ صَدَقَكُمُ اللهُ وعْدَهُ اِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِاِذْنِهِ ﴾ :

بە راستی خودا وەعدەی خۆی بۆ ئێوە جێبەجێ کرد لەو کاتەدا کە ئەتاندا لە دوژمنەکانو ئەتانکوشتنو شوعوورو حیستان پێ نەدەهێشتن بە ئیزنی خودا ٠

﴿ حتّى اِذا فَشِلْتُمْ ﴾ :

هەتا خۆتان زائیف بوونو بێهێز کەوتن ٠

﴿ وتَنازَعْتُمْ في الأمْرِ ﴾ :

وه کەوتنە نیزاعەوە لە بەجێهێنانی ئەمری حەزرەتا ؛ بازێکتان ئەیانوت ئەمرەکەی حەزرەت مەشکێننو بازێکتان وتی

نابێ ئێمە نەڕۆین بۆ غەنیمەو پیتاڵی دوژمنەکان ٠

﴿ وعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ ما أَراكُمْ ما تُحِبُّونَ ﴾ :

وە عیصیانتان کردو لە فەرمانی حەزرەت دەرچوون پاش ئەوە کە خودا ئەوەی نیشاندان کە ئێوە پێتان خۆش بوو وەکو نەصرەتو زاڵبوون بەسەر دوژمنەکانا ٠

﴿ مِنْكُمْ مَنْ يُريدُ الدُّنْيا ومِنْكُمْ مَنْ يُريدُ الآخِرَةَ ﴾ :

بازێکتان خواستی لەسەرماڵی دنیا بوو ، وە بازێکتان خواستی لەسەر جەزای قیامەت بوو ٠

﴿ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ ﴾ :

لە پاش ئەم نیزاعە خودا دەستی ئێوەی لابرد لەسەر کافرەکانو ئەوانی زاڵکرد بەسەر ئێوەدا ٠

﴿ لِيَبْتَلِيَكُمْ ﴾ :

بۆ ئەوە بەراوردتان بکاو دەربکەوێ کێیە خۆی ئەگرێ لەبەر ئازارو بێزاری نامەدیداو کێ صەبر ئەکا لەسەر بریندار بوونی خۆیو کوشتنی خزمو خوێشیو تانەی ناحەزەکانی ، وە بۆ ئەوە سافتان بکاو باش تێتان بگەیەنێ کە بەختیاری وا لە یەکیەتیو فەرمانبەرداریو دینداریدا ٠

﴿ ولَقَدْ عَفا عَنْكُمْ ﴾ :

وە بە رەغمی ئەم هەموو موخالەفەیە خودا عەفوی کردنو چاوپۆشی لێکردن ؛ چونکی موسوڵمانن ٠

﴿ واللهُ ذُو فَضْلٍ على المُؤْمِنينَ ﴾ : (١٥٢)

وه خودایش خاوەن کەرەمە لەسەر موسوڵمانەکان ٠

﴿ إِذْ تُصْعِدُونَ ولا تَلْوُونَ على أحَدٍ ﴾ :

خودا دەستی ئێوەی لابرد لەسەر دوژمنەکان‌و ئەوانـــی زاڵکرد بەسەرتانا لەو کاتەدا کە سەرئەکەوتن بـە کێوەکەداو سوپاکای خۆتان بەجێ‌هێشت ، وە ئەوەندە پەرێشان‌و بێ ورە بوون ئاوڕتان نەئەداوە بەلای هیچ کەسێ لە رەفیقەکانتانا ٠

﴿ والرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ في أخْرَاكُمْ ﴾ :

وەلحاڵ حەزرەتـی پێغەمەری خۆشـــەویست بانگـــی پێشووەکانتانی ئەکرد لەگەڵ تاقمی دواییتانا کە بگەڕێنەوە بۆ مەیدانی جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانا ٠

﴿ فَأَثابَكُمْ غَمّاً بِغَمٍّ ﴾ :

جا خودای تەعالا جەزای دانەوە لەسەر ئەم حاڵە نابارەتان بە غەمی برینداربوونێ کە ئەلکا بە غەمی کوشتنەوە ، یاخود جەزای دانەوە بە غەم‌و میحنەتێ لە بەدەل‌و باتی ئەو غەمە کـە گەیانتان بە دڵی پێغەمەر (د) ٠ واتە بە زنجیرەی لەیەك نەبڕاو چەن غەمی هێنا بەسەرتانا : غەمی عاری راکردن لەبەرابـــەر دوژمن ، وە غەمی لە دەس دەرچوونی غەنیمەی کافرەکان ، وە غەمی ئەوە کە ماڵی خۆیشتان کەوتە دەستی ئەوان ، وە غەمـــی برینداربوون ، وە غەمـــی کـــوژرانـــی پیـــاوە پاڵەوانـە فیدائیەکانتان ، وە غەمی تانەی منافەقەکانی شاری مەدینـــەو تانەی جوولەکەکانی ئەو دەورو بەرە هەموو ئەم کارەساتەتان تووش بوو لەسەر نافەرمانی پێغەمەر ٠٠ وە ئەم هەموو میحنەتەی

دا بە سەرتانا هەتا قاڵ ببن‌و چاو بکەنەوەو بزانن بەرزی بـــە خواستی خودایەو بە فەرمانبەداری ڕەسوولوڵلایە ٠

﴿ لِكَيْلا تَحْزَنُوا على ما فاتكُمْ ولا ما أصابكُمْ ﴾ :

هەتا جارێکی تر دڵگران‌و زویر نەبن لەسەر ئەو ماڵەی کە لە دەستان دەرچێ‌و لەســـەر ئەو مەینەتەو ئـــەو میحنەتـــەو برینداربوون‌و کوژرانە کە تووشتان بووە یا تووشتان ئەبێ ؛ چونکی کاتێ ئینسان کەوتە کوورەی کۆڕی کۆمەڵەی دوژمنانەوە ئەوەندەی کارەسات بەسەرا دێ کە مردن‌و زیانکردن ئەبێ بـــە شتێکی عادەتی‌و موبالاتیان پێ ناکا ٠

﴿ واللهُ خَبيرٌ بِما تَعْمَلُون ﴾ : (١٥٣)

وە خودای تەعالا بە هەموو حاڵ‌و لە هەموو کات‌و شوێنێکا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن ٠

فەرموودەی خودا (ثم انزل عليكم ٠٠٠)

ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە زوبەیری کوڕی عەوام ئەڵێ لە کاتی میحنەتی ڕۆژی ئوحودا کە ترس زۆر داگیری کردبووین خەو دایگرتین کۆمەڵێ بووین هەموو لە قەرارگـــای خۆمان هەموو چەناکەمان دائەوی بۆ سینەمان بەخوا وەکوو خەو ببینم گوێم لێبوو کە (معتد) کوڕی (قشير) ـ لە منافقەکان ـ ئەیوت : (لو كان لنا من الامر شيء ما قتلنا ههنا ٠ فحفظتها)

واتە ئەگەر ئێمە لە ئەمری ڕیسالەت‌و قودسییەت بەشێکمان

ببوایێ لەم شوێنەدا نەدەکوژراین · جـــا ئەم ئایەتە هـــاتە خوارەوە :

﴿ ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الغَمِّ أَمَنَةً نُعاساً يَغْشَى طائِفةً مِنْكُمْ ﴾ :

پاش ئەو ترس‌و بیمە خودای تەعالا بە کەرەمی خۆی ئەمن‌و ئاسایشی نارد بۆتان بە نەوعێ سەرەوەنەوزگرتنێ تاقمێکتانـــی داگیرکرد ·

﴿ وطائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنْفُسُهُمْ ﴾ :

وەلحاڵ تاقمێکیشتان غەمی نەفسی خۆیان داگیری کردبوون·

﴿ يَظُنُّونَ باللهِ غَيرَ الحَقِّ ظَنَّ الجاهِلِيَّةِ ﴾ :

گومانیان ئەبرد بە خودای تەوانای زانا بە ناحەق بـــــە بازەگومانێ کە موناسبی زەمانی جاهیلییەت‌و کوفر بوون ·

﴿ يَقُولُونَ : هَلْ لَنا مِنَ الأَمرِ مِنْ شَيءٍ ؟ ﴾ :

ئەیانوت : ئایا ئێمە لە نەصرەت‌و زەفەر بەشمان هەیە ؟ وە یاخود لە رزگاربوون لەم غەم‌و قارەهەڵێکمان هەیە ؟

﴿ قُلْ : إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ للهِ ﴾ :

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست : بە راستی هەرچـــی ئیشە هەمووی عائیدی خوایە ·

﴿ يُخْفُونَ في أَنْفُسِهِمْ ما لا يُبْدُونَ لَكَ ﴾ :

ئەشارنەوە لە دڵی خۆیانا حاڵێ لە ئینکاری نوبووەت‌و عەناد لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانانا کە دەری‌ناخەن بۆ تۆ ·

﴿ يَقولون :لو كان لنا مِن الأمرِ شيءٌ ما قُتِلْنا ههُنا ﴾ :

ئەڵێن لە دڵی خۆیاناو لەناو خۆیانا کاتێ کە موسوڵمانی ساغ لە ناویانا نەبێ: ئەگەر ئێمە بەشێکمان ببوایێ لە نەصرەتو لە پایە لە لای خودا لەم شوێنەدا نەدەکوژراین ·

ریوایەتکراوە ئەم قسە لە لایەنی گەلێ شەرکەرەوە نەبووە بەڵکو قسەی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بووەو لەبەر ئەوە کە غاڵبا تێکەڵی ئەصحابەکان بووە بە نیفاق سیاقی کەلامەکە وای لێ دەرئەکەوێ کە لەوانەوە بووە ·

﴿ قُلْ ﴾ :

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ·

﴿ لو كُنتُم في بُيوتِكُم لبرز الَّذينَ كُتِبَ علَيهِمُ القَتْلُ إلى مَضاجِعِهِمْ ﴾ :

ئێوە هێشتا لە مەعنای قەزاو عیلمو زانستی خودا حاڵی نەبوونو ، ئاگاتان لەوە نیە کە خودا ئاگادارە بە هەرچی کەمو زۆرەو هەر گیانلەبەرێ بڕیاردراوە کەی گیانی دەرئەچێو لە کوێ ئەمرێ . وە هەر خودا بەمە ئەزانێو هەرکەسێ غەیری خودا ئەمە بزانێ ئەوە لە خۆیەوە نیە بەڵکو بە ئیحاو ئیلهامی خودایەو مەحاڵە ئەوەی کە خودا عیلمی پێی بووە بگۆڕێ · وە ئەم خۆپارازتنە کە یاسایە لەبەر ئەوەیە ئێمە نازانین کەی ئەمرینو بە چی ئەمرینو بە قەی هۆشیاری خۆمان ئەزانین هۆی مردنو ژیانو هۆی سوودو زیان چیە · جا لەسەر یاسای دینو

لەسەر نیزامی عەقڵ حەول ئەدەین‌و پێویستە حەول بدەین بۆ جەلبی خێرو بۆ دەفعی شەڕ ، ئەگەرنا لە واقیعا ئـەم جەزب‌و دەفعی ئێمە تەئثیر ناکا لە بڕیاری قەزای خودادا بە قەطعـــی (لا مانع لما اعطی ولا معطی لما منع ولا راد لما قضی) ٠

کە واتە ئەگەر لە ناو ماڵی خۆیشتانا ساکن بوونایێ لـەو رۆژی جەنگەدا ئەو کەسانە کە نووسراوە لە سەریان ئەکوژرێن لەو شوێنانا ، ئەبوو بڕۆنە دەرەوە بۆ شوێنی کوشتنەکەیـان‌و لەویا ماوەی ژیانی خۆیان تەواو بکردایێ ٠

﴿ ولِيَبْتَلِيَ اللّهُ ما في صُدُورِكُمْ ﴾ :

جا خودا ئەم کارەساتەی هێنایە پێشەوەو ئێـوەی گیرۆدە کرد هەتا ئەوەی وا لە دڵتانا لە ئیمان‌و پەیمان‌و هێز هەمووی بەراورد بکا بە نەوعێ لە عالەما دەربکەوێ ٠

﴿ ولِيُمَحِّصَ ما في قلُوبِكُم ﴾ :

وە تا ئەو عیلم‌و تەصدیق‌و باوەڕە کە وا لە دڵتانا سافی بکا‌و پاکی بکاتەوە لە وەسوەسەو تەرەدودو دوودڵی ٠

﴿ واللهُ عَليمٌ بِذاتِ الصُّدُورِ ﴾ : (١٥٤)

وە خودای تەعالا زانایە بەو خەیاڵاتە کە دێن‌و ئەچن لـە دڵا ٠

﴿ اِنَّ الَّذين تَولَّوا مِنْكُمْ يَوْمَ التَقى الجَمْعـان اِنَّما استَزَلَّهُمُ الشَّيْطانُ بِبَعْضِ ما كَسَبُوا ﴾ :

بە راستی ئەو کەسانە کە لە ئەووەڵی شکانی موسوڵمانانا پشتیان هەڵکردو رۆییشتن‌و سوپاکەیان پەرێشان کـــرد ئەوە

ئیبلیس هەڵیخەڵەتاندن بە هۆی شوومی بازێ تاوانەوە کــــە بریتی بوون لە بێ ئەمری حەزرەت(د)و تەرکی قەرارگای خۆیانو چۆڵکردنی پشتی سوپاکەو پشتی پێغەمەر (د) ·

﴿ ولـقـد عـفـا اللهُ عـنـهـم إن اللهَ غـفـورٌ حـليمٌ ﴾ : (١٥٥)

بە راستی خوا عەفوی کردن : چونکی بە راستی خـــــودا تاوانپۆشو میهرەبانە ·

﴿ يا أيها الذين آمنوا لا تكونوا كالذين كفروا وقالوا لإخوانهم - إذا ضربوا في الأرض أو كانوا غُزًّى - : لو كانوا عندنا ما ماتوا وما قُتِلوا ﴾ :

ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە وەکوو ئەو منافەقانە مەبــن کە کافرنو کوفری خودای تەنها ئەکەنو حاڵیان وایە ئەڵێــــن دەرحەق بە برایانو برادەرانیان - کاتێ کە بڕۆن بۆ تیجارەت بە دنیادا یا ئەگەر جیهاد بکەن - : ئەگەر لە لای ئێمەدا بوونایێ نەدەمردن لە وڵاتی غەریبیداو نەدەکوژران لە جەنگدا · وە ئەم قسەیش لەبەر ئەوە ئەکەن :

﴿ ليجعل اللهُ ذلك حسرةً في قلوبهم ﴾ :

هەتا خودا ئەم قسەیەو ئەم باسە بکا بە هۆی حەسرەتو غەم لە دڵی ئەو برایانە - ئەوانەیان کە ماون - یا لە دڵی خزمو خوێشیانا ·

﴿ واللهُ يُحيي ويُميت ﴾ :

هەر خودایە ئەو کەسە کە زیندوو ئەکاتەوەو ئەمرێنێ ٠

﴿ واللهُ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ : (١٥٦)

وە خودا بینایە ، کردەوەکەتان ئەبینێ ٠

﴿ ولَئِنْ قُتِلْتُمْ في سَبيلِ اللهِ أوْ مُتُّمْ ﴾ :

وە ئەگەر بڕۆن بۆ جیهادو بکوژرێن لە رێگەی خودادا یا خود بمرن بە مردن لە رێگەی ئەوا ٠

﴿ لَمَغْفِرةٌ مِنَ اللهِ ورحْمَةٌ خَيرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ ﴾ : (١٥٧)

ئەوە مەعلوومە خودا تاوانتان دائەپۆشێو میهرەبانیتان لە گەڵدا ئەکا وە دیاریشە عەفوو تاوانبەخشییەك لە لایەنی خواوەو میهرەبانییەك لە تەرەفی ئەوەوە زۆر باشترە لەو ماڵی دنیایە کە ئەوان گردی ئەکەنەوە ٠ خۆلاصەی کەلام غەزاکردنو سەفەرکردن نابن بە هۆی نزیك‌کردنەوەی ئەجەل ، وە ئەگەر هاتو ئینسان مرد یا کوژرا لە رێگەی خودادا دیارە کە خودا عەفوی ئەکاو ئەو عەفوو میهرەبانی خودایە زۆر باشترە لەوەی ئەوان گردی ئەکەنەوە ٠

﴿ ولَئِنْ مُتُّمْ أوَ قُتِلْتُمْ لاِلى اللهِ تُحْشَرُونَ ﴾ : (١٥٨)

وە بە راستی ئەگەر ئێوە بمرن یاخود بکوژرێن لە رێگەی خودادا ئەوە لە ئەنجاما ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو لەسەر وەعدی خۆی جەزای باشو پایەی بەرزتان پێ ئەداو ئەو پایە لە هەموو مایەو غایەیێ باشترە ٠

﴿ فَبِما رَحْمَةٍ مِنَ اللهِ لِنْتَ لَهُمْ ﴾ :

ئەی خۆشەویست لە هۆی رەحمەتی خوداوە تۆ نەرم بوویت بۆ ئەو رەفیقانەت ٠

﴿ ولَوْ كُنْتَ فَظّاً ﴾ :

وە ئەگەر تۆ ئینسانێکی خووو رەوشت ناشیرین بوویتایێ٠

﴿ غَلِيظَ القَلْبِ ﴾ :

وە ئەگەر دڵڕەق بوویتایێ ٠

﴿ لانْفَضّوا مِنْ حَوْلِكَ ﴾ :

ئەم رەفیقانەت بڵاوەیان ئەکرد لە دەورت ، مادام ئیستە خودای تەعالا تۆی وەها بە خاوەنی ئەخلاقی بەرزکردووە ٠

﴿ فَاعْفُ عَنْهُمْ ﴾ :

چاوپۆشییان لێ بکە لە هەر کردەوەیەکدا کە پەیوەنــــدی هەیە بە تۆوە ٠

﴿ واسْتَغْفِرْ لَهُمْ ﴾ :

داوای جورمپۆشی بکە لە خودا بۆ هەر تاوانێکیان وا لــــە بەینی خۆیانو خودادا ٠

﴿ وشاوِرْهُمْ في الأمْرِ ﴾ :

وە داوای راوێژیشیان لێ بکەلە کارو باری جەنگو صوڵحو ئیدارەی شوئوونتا ٠

﴿ فَاِذا عَزَمْتَ فَتَوكَّلْ على اللهِ ﴾ :

جا پاش راوێژەکە کاتێ عەزمت جەزم بوو لەسەر ئیشێ بیکەی ئیتر تەوەکول ببەستە بە خودا •

﴿ اِنَّ اللهَ يُحِبُّ المُتَوَكِّلِينَ ﴾ : (١٥٩)

بە راستی خودای تەعالا خاوەن تەوەکولەکانی خۆش ئەوێ•

﴿ اِنْ يَنْصُرْكُمُ اللهُ فلا غالِبَ لَكُمْ ﴾ :

ئەی موسوڵمانان ئیعتیمادو تەوەکولتان هەر لەسەر خودا بێ ئەگەر ئەو نەصرەتو یارمەتیتان بدا هیچ کەس زاڵ نابێ بەسەرتانا •

﴿ واِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذا الَّذي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ ؟ ﴾ :

وە ئەگەر ئەویش مەنعی یارمەتیتان بکا ئیتر ئەوە کێیە بتوانێ نەصرەتی ئێوە بدا لە پاش موبالات نەکردنی ئەو ؟

﴿ وعلى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ المُؤْمِنُونَ ﴾ : (١٦٠)

با هەر لەسەر خودا پاڵ بدەنەوە موسوڵمانەکان ، ئەگەرنا چاوتان کەوت بە عالەم ، بە دۆستو دوژمن ، بە صادقو منافقو دەرزی بەزری بەختیاریتان وەرگرت •

بێداربن ! لەمەدا کە خودا فەرمووی (وشاورهم في الامر فاذا عزمت فتوكل على الله) دەرکەوت کە مەعنای تەوەکول ئیعتیمادە لەسەر خودا لە پاش سەبەبسازیو راوێژوەرگرتنو ئامادەبوون بۆ کار • (جا رەحمەت لەوەی ئەڵێ) :

ئەگەر نازانی مەعنـــای تەوەکـــول
دوو قسەی سافە بـــێ تۆزو توێکڵ
ـــەبەبسازییە تا وای لـــە روودا
بێ نیازیشە لـــە غەیری خـــودا
یانی هەر خـــودا ئەسباب جەم ئەکـا
ئەویش (مســـبب مسلم) ئەکـــا
تۆ پێویستە بۆت چۆن رێکەوێ بـۆت
تێکۆشی لـــە بـــۆ بەختیاری خۆت
ئەمجار بۆ کەشفی مانای تەوەکـول
وەربگرە دەرزی (ســـید الرســل)
بێرە تەماشـای ئەسبابســازی ئـــەو
لە غەیری خودایش بێ نیازی ئـــەو
دەرزی فـــەرموودەو کـارو رەفتاری
دەرزی دەوامـــی لەیـلو نەهـــاری
چـــەك جەمکردنی رمو شـیرو تـیر
راوێژکردنی بـــە ئەهلی تەدبـــیر
ســـەبرو ئارامـــی هەنگاوەکانـــی
مـــدارای لـــەگـەڵ هـاومالـەکانی
سەفای دەروونـــیو وەفای بـــۆ یاران
دەرمانـــی زامـــی دڵبرینـــداران
بەخشینی ماڵی بە گوێرەی ئیمکـان
دووری لە تەماع لە پەلەو تەکـــان
دەوامی لەسـەر باری ســـەلامـەت

یانـی تێکۆشـین بـــه ئیستیقامەت
ئەیفەرموو لەگەڵ دەروونی ئاگاه :
(وأفـــوض أمـــري الـــى الله)
بە هەڵە نەڵێی مەعنای تەوەکـــول
پاڵدانـەوەیـە عاتـــڵو باتــــڵ
وەکــوو لاتەکان لـــــه بەغدادا زوو
بلێ : (زەردالوو خۆت بێ بـۆ گەلو)
خۆت بکەی بە بار بۆ شـــــانی عالەم
ببـی بـــه بەندە بـــۆ هــەرزە ئادەم
بڕوانــە مێژووی رەهبـــەرانی دین
مێژووی هۆشیاران لە رووی سەرزەمین
هەموو تێکۆشان بـــــه قەی دەستەڵات
لە بۆ سەربەرزی لە رووی سەربســات
ئادەمی ناژی لـــــه رووی جیهانا
بە بـــێ تێکۆشین لـــه رێگەی شانا
شان پایــەو مایەو ســـایەو ژیوارە
پاسەوان گــەورەی عــەداڵــەتکارە
ئەوەی کـــه بنوێ ســـەر لە سبەینێ
ئەبـــێ خێرۆمەن نانی بـــۆ بێنـێ
تـــا شانت هەیە تێکۆشە بـــۆ نان
تا نانت هەیە بیـــدە بـــه ئیحســان
هەرگیــز نەڕوانی بـــۆ تۆڵەو پاداش
هەتا رەنجەکەت نەڕوا بــــه **بەلاش**

تۆڵەو جەزای تـۆ لــە لای خودایــە
بــە مەبەستی تــــۆ تــەواو ئاگایە
هەتیوێکت دی لـــەویا کــەوتــووە
بێ کــەسەو بــێ دەس بابەی مردووە
داماوێکت دی لــــــە لاکۆلانــێ
بــێ پایــەو مایە ئــەمرێ بۆ نانــێ
یارمــەتیدەر بـــە هــەتا ئەتوانــی
نــەکا بکەوی‌و بـــە خۆت نەزانـــی
کوێرێکت بینـــی دەستی راکیشە
کوێری ئەنجامە لــە بـۆ چاوئێشــە
نەك بـــــە چاوێشە کوێربن چاوانت
جــــا پاش بکەوی لـــە رێڕەوانت
تەنیا ئیخلاصە ئایینـــی ئیســـلام
تەنیــا خزمەتە رێی (دار الســلام)
حزمەتی خەڵکە هـــــۆی پایەو شانت
خزمەتــــە خزمەت هێـــزی ئیمـــانت
(نامی) دڵسۆزە دەرزی وەربگـــرن
بەسوودە بۆتان پاش کـــاتی مــــردن

فەرموودەی خودا (وما كان لنبي أن يغل ٠٠٠ الآية) :

ریوایەتکراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە (خ) ئەم ئایەتە نازڵ

بووه له باسی چەرچەفێکی سوورا که ونبووه له ناو غەنیمەدا له رۆژی بەدرا • جا بازێ کەس وایانئەزانی که حەزرەت ئیختیاری کردووه بۆ خۆی ! لەسەر ئەمه خودا فەرمووی :

﴿ وما كانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ ، ومَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِما غَلَّ يَوم القِيامَةِ ﴾ :

واته نەبووەو نابێ بۆ پێغەمەر که شتێ به غەیری شێوەی تەقسیمی عادل وەربگرێ بۆ خۆی له غەنیمه بەر له تەقسیم ، کەسێ شتێ وەربگرێ بۆ خۆی عەیبه ، ئەمه دووره له ئەخلاقو رەوشتی پێغەمەری خودا (د) قەت شتی وا ناکا وه هەر کەسێ شتێ ببا بۆ خۆی له رۆژی قیامەتا ئەینێ بەسەر شانیەوه ئەیهێنێ بۆ مەیدانی حسێبو شەرمەزار ئەبێ •

﴿ ثُمَّ تَوفَّى كُلُّ نَفْسٍ ما كَسَبَتْ وهُمْ لا يُظْلَمونَ ﴾ : (١٦١)

وه له پاشان هەر نەفسێ بۆی تەواو ئەکرێ جەزای ئەو کردەوانه کردوویەتی له چاکەو له خراپەو ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ •

﴿ أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوانَ اللهِ كَمَنْ باءَ بِسَخَطٍ مِنَ اللهِ ؟ ﴾ :

ئایا کەسێ بکەوێته شوێنی رەزای خوداو تاعەتو بەندەیی ساغی بۆ بکا وەکو ئەو کەسه وایه که ئەگەڕێتەوه به بارێ له

ناڕەزایی خودا ؟!

﴿ ومَأْويهُ جَهَنَّمُ وبِئْسَ المَصيرُ ﴾ : (١٦٢)

وە جێگەی ئەو کەسە دۆزەخەو خراپ مەڵبەندێکە دۆزەح ٠

﴿ هُمْ دَرَجاتٌ عِنْدَ اللهِ واللهُ بَصيرٌ بِما يَعْمَلونَ ﴾ : (١٦٣)

خاوەن کردەوە خراپەکان خاوەنی چەن پایەو پلەی جیاجیان ، هەروا خاوەن کردەوە باشەکانیش هەم خاوەن پلەو پایەی زۆری جیاوازن‌و بەهەر حاڵ خودا بینایە بە کردەوەکانیان ٠

﴿ لَقَدْ مَنَّ اللهُ على المُؤمِنينَ ﴾ :

خودا منەت‌و کەرەمی ڕژان بەسەر موسڵمانانا ٠

﴿ إِذْ بَعَثَ فيهِمْ رَسولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ ﴾ :

لەو کاتەدا کە ناردی لەناو ئەوانا پێغەمەرێ لە ڕشتەی خۆیان ٠

﴿ يَتْلو عَلَيْهِمْ آياتِهِ ﴾ :

وە ئایاتی خودایان بەسەرا ئەخوێنێتەوە بۆ ئیرشادیان ئەلای خێرو لادانیان لە تاوانباری ٠

﴿ ويُزَكّيهِمْ ﴾ :

وە پاکیان ئەکاتەوە لە بیرو باوەڕی ناپەسەندو لە خووو ڕەوشتی پەست‌و لە کردەوەی ناشیرین ٠

﴿ ويُعَلِّمُهُمُ الكِتابَ والحِكْمَةَ ﴾ :

وه کوتوبی خوداو سوننەتی پاکی پێغەمەر نیشـان ئـەدا بەوان ٠

﴿ وإنْ كانُوا مِنَ قَبْلُ لَفي ضَلالٍ مُبينٍ ﴾ : (١٦٤)

هەرچەن ئەم ئوممەتە لە پێش هاتنی ئەم پێغەمەرە رەهبەرەدا لەناو گومڕاهیێکی دیاریدا بوون لە باوەڕی ئیشراکو کردوەوی ناپاکو رەوەشتی پەست ٠

فەرموودەی خودا : (أو لما أصابتكم ٠٠) تاچەن ئایەتێ ٠

ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە عومەری کـوڕی خەتابەوە (خ) کاتێ لە ساڵی ئایندەی پاش رووداوی بەدرا خودا ئیرادەی کرد کافرەکان تۆڵەی ئەوە بسێننەوە کە کردمان لە ساڵی بەدراو حەفتا کەسمان لێ کوژراو رەفیقەکانی حـەزرەت (د) رایانکردو دانی (رباعیە) ـ دانی تەنیشتی دانـی خرێ لای خواروو لە لای راستی دەمی حەزرەتەوە شکاو خوودەی سـەری شکا بە یەکاو خوێن لە روخساری پاکی حەزرەتەوە هاتەخوارەوە ٠٠٠ خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوەو فەرمووی :

﴿ أَو لَمَّا أصابَتْكُمْ مُصيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْها قُلْتُمْ : أنَّى هذا !؟ ﴾ :

یاخەیر لە کاتێکا گەیشت بە ئێوە نەکبـەو موسیبەتێکـی ناهەموار لە رووداوی ئوحودا وەلحاڵ ئێوە دووقاتـی ئـەو مسیبەتەتان گەیاند بە دوژمنەکانتان لە بەدرا ٠ واتە ئـەوان لە

ئوحودا حەفتا کەسیان لە ئێوە کوشت‌و ئێوە لە بەدرا حەفتاکەستان لێ‌کوشتن‌و حەفتا کەسیشتان لێ‌گرتن بە دیل ‥ ئێوە بـە رووی تەعەججوب‌و حیرەتەوە ئەڵێن : ئـەم مسیبەتەمان چـۆن پـێ گەیشت ؟!

﴿ قُلْ : هُوَ مِنْ عِنْدِ أنفُسِكُمْ ﴾ :

تۆ بلێ پێیان ئەی پێغەمەری خۆشەویست : ئـەوی پێتـان گەیشت لە لایەنی خراپی نەفسی خۆتانەوە بوو کە موخالەفـەی ئەمری حەزرەتی پێغەمەرتان کردو مەرکەزی خۆتـان بەجـێ هێشت ٠

﴿ إِنَّ اللهَ على كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ : (١٦٥)

خودای تەعالا بە راستی بەسەر هەموو شتێکا تەوانایـەو ئەتوانێ بیکاو کەس ناتوانێ مەنعی بکا ٠

﴿ وما أَصابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الجَمْعانِ فَبِإِذْنِ اللهِ ﴾ :

ئەوەی بەسەر ئێوەدا هات لەو رۆژەدا کە هەردوو تایفەکە : کافرە موشریکەکانی قورەیش‌و ، موسوڵمانـە موهاجیـرو ئەنصارییەکانی مەدینە بە یەك‌گەیشتن ئەوە بە ئیرادەو خواستی خودا بوو ٠

﴿ ولِيَعْلَمَ المُؤْمِنِينَ (١٦٦) ولِيَعْلَمَ الَّذِيـنَ نافَقُوا ﴾ :

وە لەبەر ئەوە ئەو کارەساتەی بەسەر موسوڵمانەکانا هێنـا هەتا باش عیلمی تەعەللوق ببەستێ بە موسوڵمانەکان‌و موسوڵمانی

دامەزراو جیابکاتەوە لە دانەمەزراو ، وە هەتا عیلمی تەعەللوق ببەستێ بە کافرە منافەقەکانەوە کە دەستەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بوون‌و بە تەواوی نیفاق‌و بێمەغزی ئەوان دەربکەوێ لە عالەم •

﴿ وقيلَ لَهُمْ : تَعالَوْا قاتِلوا في سَبيلِ اللهِ أَوِ ادْفَعوا ﴾ :

وە لەو رۆژەدا وترا بەو منافەقانە: وەرن جیهاد بکەن لە رێگەی بەرزکردنەوەی کەلیمەی خودادا ، وەیا ئەگەر جیهادو جەنگ ناکەن بێن قەرەباڵغی موسوڵمانەکان زۆر بکەن‌و کافرەکان بترسێنن‌و بەم شێوە کافرەکان دەفع بکەن‌و دووریان بخەنەوە لە موسوڵمانەکان •

﴿ قالوا : لَوْ نَعْلَمُ قِتالاً لاتَّبَعْناكُمْ ﴾ :

ئەوان بە هەموو سەلافەو بێشەرمییەکەوە ئەیانوت : ئەگەر بمانزانیایێ جەنگێکی راست هەیە ئەکەوتینە شوێنتان‌و جەنگمان ئەکرد •

﴿ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإيمانِ ﴾:

ئەو کۆمەڵە منافەقانە لە کوفرەوە نزیکترن وەی لە ئیمان ئەگەرنا ئەگەر موسوڵمان بوو نایێ چۆن ئەو قسە بێسوودەیان ئەکرد • ئایا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی نەیئەزانی کە محەمەد چەن ساڵە داوای ریسالەت ئەکا لە لایەنی خوداوە نازانێ قورئان نازڵ ئەبێ بۆی ؟ نازانێ دەعوەتی ئادەمیزاد ئەکا بۆ تەوحید ؟ نازانێ موشریکەکان ئازاری خۆی‌و ئەصحابەکانیا ئەدەن؟نازانێ

که بۆ خاتری بەهێزکردنی ئیسلام‌و موسوڵمانان لە مەککـــەوە هیجرەتی کردووە بۆ مەدینە ؟ نازانێ کە جەنگی سەرچاوەی بەدر ڕێکەوت لەناویانا ؟ وە نازانێ ئیستە ئەو کافرانە بۆ تۆڵەسەندن هاتوون بۆ مەدینە ؟ ئیتر ئەبێ بە چ جۆرێ یارۆی منافق بزانـــێ جەنگێ لە بەینا هەیە ؟ نە ، نە ، ئەو زاتە ناپاکە کافرەو لەبەر پارازتنی خۆیان جار بەجار تەلەفوز ئەکا بـــە شەهادەتەیـــن‌و ئیعتیبار بەو تەلەفوزەیان نیە ٠

﴿ يقولون بأفواهِهِم ما ليس في قلوبهم ﴾ :

بە دەم‌و زمان شتێ ئەڵێن لە تەوحیدی خوداو ڕیسالـــەتی (محمد المصطفى) ــ د ــ کە لە دڵیانا نیە ئەبەدەن ٠

﴿ واللهُ أعلم بِما يكتمون ﴾ : (١٦٧)

وە خودا لە ئێوە زاناترە بەوەی کە لە دڵیانا شاردوویانەتەوە لە کوفرو لە کینەو ڕق‌و قەساوەت بەرابەر بە ڕیسالـەت‌و بـــە خاوەنی ڕیسالەت‌و بە تەرەفدارانی ئەم ڕیسالەتە ٠

﴿ الّذينَ قالوا لإخوانِهِم ــ وقَعَدوا ــ : لَـــو أطاعونا ما قُتِلوا ﴾ :

ئەو کافرە منافقانە ئینسانی وەهان کە ئەیانوت بە برا هاو وڵاتیەکانیان ــ وەلحاڵ خۆیان بێ خەم دانیشتبوون ــ ئـەیانوت : ئەگەر ئەمانە ئیتاعەی ئێمەیان بکردایە نەدەمردن‌و نەدەکوژران ٠

﴿ قُلْ : فادرَؤا عنْ أنفُسِكُمُ الموتَ إن كُنتُمْ صادِقينَ ﴾ : (١٦٨)

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ پێیان : ئەگەر بە بـــیرو

رای ئێوه مەنعی مردنو کوشتن لەوان ئەبێ بێن بەو بیرو رایانـە مەنعی مردن لە خۆتان بکەن ئەگەر راست ئەکەن ٠

فەرموودەی خودای تەعالا (ولا تحسبن الذين قتلـــوا ٠٠٠ الآيات)

ریوایەتیان کردووە ئیمامی ئەحمەدو ترمذیو حاکم لە ئیبنو عەباسەوە (خ) فەرموویەتی حەزرەت (د) فەرمووی : لەو کاتـەدا براکانتان کوژران لە ئوحودا خودای تەعالا ئەرواحی ئەوانـی خستە ناو چەن تەیرێکی سەوزەوەو ئەو تەیرانە ئەڕۆن بۆ سـەر جۆبارەکانی بەهەشتو لە میوەی بەهەشت ئەخۆن ،جا ئەگەڕێنەوە بۆ سەر چەن قەندیلێ کە هەڵاوەسراون لە سێبەری عەرشـــا ، جا پاش ئەوە کە دامەزران لەم خۆشیو ئاسایشـــەداو لەزەتـی خواردنو خواردنەوەیان وەرگرت وتیان : خۆزگە خزمو خوێشو براکانمان ئاگادار ئەبوون لە حاڵی ئێمەو بیانزانیایێ خودا چـی لەگەڵ ئێمەدا کردووە هەتا لە ماوەی ژیانی خۆیانـــا تەرکـــی جیهادیان نەکردایێو زویر نەبوونایێ لە وەزعی حەرب !

وە لـە ریوایەتێ ترا ئەفەرموێ: کێ بێ خەبەر بدا بـــە براکانمان کە ئێمە زیندووین لە بەهەشتاو رزقمان هەیە؟ جـــا خودای تەعالا فەرمووی : من خەبەریان پێ ئەدەم لە باتی ئێوە ، وە فەرمووی :

﴿ ولا تَحْسَبَـــنَّ الَّذيـــنَ قُتِلوا في سَـبيلِ اللهِ أمْواتاً ﴾ :

گومان مەبەن بەو کەسانە کوژراون لە ڕێگـــەی خـــودادا مردوون •

﴿ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴾ : (١٦٩)

بەڵکو زیندوون‌و لە لای خودای خۆیشیان رزقیان بۆ رەوانە ئەکرێت •

﴿ فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ﴾ :

شادمان‌و دڵخۆشن بەوەی کە خودا بە فەزڵی خۆی داویەتی پێیان •

﴿ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ ﴾ :

وە بەشارەت‌و موژدە ئەدەن بەو کەسانە کە نەگەییشتـــوون پێیان‌و هەروا لە دواوە بە شوێنیانا دێن •

﴿أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُـــمْ يَحْزَنُونَ ﴾ : (١٧٠)

موژدەی ئەوەیان پێ‌ئەدەن کە هیچ خەوف‌و ترسێ نیـــە لە سەریان‌و ئەوان زویریش نابن • واتە ترسی پاشە وەخت‌و زویری لە شتی پێش وەخت لەسەریان نیە •

﴿ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ ﴾ :

وە شادمان ئەبن بەو نیعمەتە بە نرخە کە لە لایەنی خـوداوە هاتووە بۆیان •

﴿ وَفَضْلٍ ﴾ :

وە بە زیادە نیعمەتێکیش کە بۆ ئەوان دانراوە ٠

﴿ وأَنَّ اللهَ لا يُضيعُ أجْرَ المُؤمِنِينَ ﴾ : (١٧١)

وە مەسرووریشن بەوە کە خودا ئەجری موسوڵمانان زایع ناکا بەڵکو زیاد لە ئەندازەی عادەتی بەشیان ئەدا ٠

بێدار بن ! لەم ئایەتانەدا خودا بڕیاری حەیاتی شەهیدەکانی داوەو ئیعلانی ئەوەی کردووە کە رزقیان بۆ دێو موژدە ئەدەن بەو کەسانە کە لە پاش ئەوانەوە دێن ٠ بەڵام ئەبێ بزانن ئەم حەیاتە وەکو حەیاتی زیندووەکان نیە بە حەیاتی عادەتی ئەمە دیارە ، هەروا حەیاتیشیان وەکو حەیاتی بەرزەخی باقی مردووەکانیە چ مۆسڵمانو چ کافر؛ چونکە ئەویش بەقەراری قەطعی مووجیبی هیچ نەوعە شەرافەتێ نابێ بەڵکو ئەم حەیاتە حەیاتێکی حەقیقی راستە لاکین لە جەسەدێکی بەرزەخیدا وەکو جیسمی لەتیفی مەلائیکەکان وە ئەمانە لەم جیسمە لەتیفەدا ئەمێنن هەتا رۆژی قیامەت ، وە رۆژی قیامەت کاتێ کە حەشری عیباد ئەکرێ ئەوانیش ئەڕۆنەوە ئەو لیباسو جیسمو بەرگە پێشووەیان کە لە دنیادا تیادا ژیاونو لەسەری مردوون ٠ وە دەلیل لەسەر ئەمە کە شەهیدەکان لە پاش مردن زیندوون بەزیندوویەتیەکی راستەو لە جیسمێکی ناسکی وەهادا کە وەکو شێوەی جیسمی دنیایان بێ ٠٠ چەن شتە :

یەکەم : نەفسی ئەم ئایەتە کە خودا ئەفەرموێت : (ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون) هەتا ئاخری سێ ئایەتەکان ؛ چونکی بە زاهیری ئایەتەکان حەیاتو رزقوەرگرتنو موژدەدان بەو رەفیقانە کە دێنو ئەگەن بەوان

ئـەگەیەنن ، بەم شێوە ئەبێ کە زیندووبن‌و لە ناو جیسمێکدا بن قابیل بێ بۆ رزق وەرگرتن ٠

دووهەم : ئایەتی (فأما ان کان من المقربین فروح وریحـان وجنة نعیم) چونکە ئەم ئایەتە وا لە باســی گیان‌دەرچوونــی ئادەمیزادی موسوڵماناو بە زاهیری ئایەتەکە ئەمە دەرئەکــەوێ کە ئەو رەوح‌و رەیحانە فەورەن لەپاش مردن بۆیان دێت ٠

سێهەم : ئەو حەدیثەیە کە ئەبووداود بە ئیسنادی صەحیـح ریوایەتی کردووە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) (قال قال رسول اللـه ـ ص ـ لما اصیب اخوانکم باحد جعل الله ارواحهم في جوف طـیر خضر ترد انهار الجنة تأکل من ثمارها وتأوی الی قنادیل من ذهب سعلقة في ظل العرش ؛ فلما وجدوا طیب مأکلهم ومشربهم ومقیلهم قالوا : من یبلغ عنا اخواننا أنا احیاء في الجنة نرزق ، لئلا یزهدوا في الجهاد ولا ینکلوا عند الحرب ؟ فقال الله سبحانه : انا ابلغهـم عنکم قال فانزل الله (ولا تحسبن الذین قتلوا ٠٠٠ الایات) ٠

واتە : کاتێ کە براکانتان لە رووداوی ئوحـودا تـــووش بوون‌و شەهید کران خودا رۆحەکانیانی خستە ناو لەشــێ لـە سوورەتی پەلەوەری سەوزدا هاتن بۆ سەر جۆباری بەهەشــت‌و لە میوەی بەهەشتیان ئەخواردو ئەگەڕانەوە بۆ چەن چرایەکــی هەڵاوەسراو بە عەرشا ، جا کاتێ ئەم خواردن‌و خواردنەوەو ماوا جوانەیان دەستکەوت وتیان : کێ بێ ئەم وەزعی ئێمە بگەیەنێ بە براکانمان لە دنیادا خەبەریان پێ بدا کە ئێمە زیندوویــن‌و رزقمان پێ ئەدرێ با بزانن بۆ ئەوە تەرکی جیهاد نەکەن‌و نکوول نەکەن لە جەنگ کردن ؟ خودای تەعــالا فەرمــووی : مــن خەبەرداریان ئەکەم‌و ئەم ئایەتی (ولاتحسبن الذین قتلوا ٠٠)ەی

نازڵکرد بۆ سەر پێغەمەر (د) هەتا موسوڵمانەکان خەبەردار بکا ٠

وە ئەم جیسمە بەرزەخییە بۆ هەموو مردوویێ هەیــــە ، چ کافر بێ چ موسوڵمان، پایەدار بێ یا نە ، بە دەلیلی ئایەت کە خودا لە شانی قەومی مووسادا فەرموویەتی : (اغرقوا فادخلوا نارا)، وە بە دەلیلی فەرموودەی حەزرەت (د) (القبر اما روضـــة مـــن رياض الجنة او حفرة من حفر النيران) واتە : قەبر یا باخێکــە لە باخەکانی بەهەشت یاخود چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ ٠

بەڵام جیسمی بەرزەخیی شەهیدەکان دەورێ باڵاو تەورێکی ئەعلای هەیە ، یەعنی عەینەن وەکو جیسمی ئینسانی زینـــــدوو وایە رزق وەرئەگرێو تەمەتوع ئەکا بە میوەی بەهەشـــت ٠ وە کەلێ لە موحەقیقین ، وەکو صاحیبی (روح المعانی) ، ئــەڵێن : ئەو جیسمە وەکو جیسمی خۆیان وایە لە دنیادا بەڵام لەتیـــفەو ناسکەو قابیلی گۆڕانە ٠ وە زاهیری ئەو فەرموودەی حەزرەتە (د) کە فەرموویەتی : ئەرواحی شەهیدەکان لەناو جیسمی پەلەوەری سەوزا ٠٠٠ موخالیف نیە بۆ ئەمە ؛ چونکی ما دام قەرار درا ئەو جیسمە لەتیفەو بەرزەخییە مانای وایە ئەتوانن خۆیان بگـــۆڕنو بڕۆنە شێوەی پەلەوەری سەوزەوە کاتێ ئارەزوویان لە گـــەڕان بێ بە ئاسمانەکانا وە یا بڕۆن بۆ بەهەشت ، وە ئەتوانن بڕۆنــە شێوەی جیسمی خۆیانەوە لە دنیادا وە (هكذا) ٠

وە ئەم گۆڕینی شێوەو تەتەووراتی جیسمیە وەکـــو بـــۆ فریشتەکان هەیە بە تایبەتی بۆ حەزرەتی جبرەئیل کە جار بەجار لە شێوەی (دحیە) ناوا لە ئەصحاب ئەهاتە حوزووری پێغەمــەر

(د) وە جار بەجار وەهای چاوپێ‌ئەکەوت کە رووی ئاسمانی پــڕ ئەکرد وەها بۆ کیباری (أولیاء الله) یش واقیع بووە ٠

وە پێویستە ئینسانی موسوڵمانی خاوەن ئیمان بـــــە دڵی ساف باوەڕی بەم تەقریرە ببێ چونکە بەم شێوە دەفعی ئیشـــکال ئەبێ لە پرسیاری فریشتە لە ئینسانی مردو لە پاش مردن خواە لە قەبرا بێ یا لە دەریادا فەوتابێ یا بە ئاگر سووتابێ یا دڕنـــدە خواردبێتی ٠ (وهکذا والحمد لله)

ڕۆڵەی دڵدارم ، برای هۆشیارم !
کاکی فامیدەی دڵ ئاگادارم !
ئینسانی بێ‌هۆش هەرچەن تێکۆشێ
ئاوی حەیاتی مەردەی نانۆشێ
هۆش عەقڵ‌و فامە یانی بیری دڵ
بتوانێ دەرچێ لە داوی موشکڵ
کەلامی خودا واتەی خودایە
وتاری لەگەڵ (رسول الله)یە
رەسوول بە ئەخلاق بە رەوشتی بەرز
بوو بە رەحمەتی ئاسمان‌و عەرز
هەرچەن موعجیزەی خاوەن تەئثیر بوو
زورمەی رەوشتی مایەی تەنویر بوو
پەیامی هێنا لە لای خوداوە
بۆ تەمێی هۆشیار لە رووی دنیاوە
ئەڵێ : ئەم مادە وا لە بەرچاوان
دەریاو دەشت‌و دەر کێوان‌و کەیوان
لە هەواو لە تاو لە ئەستێرەکان
کە دەورە ئەدەن بە هێزو تەکان

هەموو ئەمانە بێ غەیبی پەنهان
پێی تەواو نابێ دائیرەی جیهان
ئەو غەیبە بوونی بێگومان راسە
لای عاقڵ وێنەی جێگەی حەواسە
وەکو ئەو هێزە کە جیهان هەموو
بەو هاتە وجوود لەو کاتەوە بوو
وەکو جازیبە بۆ ئەستێرەکان
هەر کام سووڕئەخوا بە هێزو تەکان
هەر یەکێ بۆ خۆی لەسەر مەداری
ئەسووڕێتەوە بە ئیستیمراری
هەر لەو غەیبەیە رۆحی گیانلەبەر
نازانی چۆن دێو چۆن ئەڕواتە دەر
لە غەیبە ئەجەل بۆ کەسێ ئەمرێ
بە خۆی نازانێ تا دەرگای ئەگرێ
هەر لەو غەیبەیە پرسیاری گۆڕ
لە مەردو نامەرد سەربەرزو سەرشۆڕ
هەر لەو غەیبەیە رۆژی قیامەت
زیندوو ئەبنەوە سەراسەر ئوممەت
هەر لەو غەیبەیە فریشتەی خودا
لەگەڵ ئینسانا لە رۆژو شەودا
هەر لەو غەیبەیە حەیاتی شەهید
شەهیدی رێگەی کەلیمەی تەوحید
بخنکێ لەناو گێژی دەریادا
یاخود بسووتێو بدرێ بە بادا

شەهیدەکانیش ئەگۆڕێن یەکسەر
یاخود بکوژرێ بە تیری قەزا
ئەوسا دایپۆشن لە چاڵی عەرزا
کە گیانی دەرچوو بەر لە قیامەت
زیندووە بە لەش ساغو سەلامەت
لەشێکی پاکی ناسكو نازار
وێنەی فریشتەی خاوەن ئیعتیبار
بێفەرقە لا ئەو دەرو دەشتو کێو
بەرزی ئاسمان یا عەرزی نشێو
ئەم لەشە بەرگی خودا پێداوە
چونکی لە رێگەی ئەوا کوژراوە
لە حەدیثایە وێنەی **پەلەوەر**
ئەفڕێ بۆ بەهەشت وەرئەگرێ ثەمەر
زاناکان ئەڵێن : یا بە شێوەی خۆی
خواستی هەرچۆن بێ رێئەکەوێ بۆی
وێنەی (جوبرەئیل) لە لای پێغەمەر
بە شکڵی (دوحیە) خۆی ئەخستە دەر
جارجاریش پەنهان جارجاریش یەکسەر
ئوفوقی داگرت (الله أکبر)
جا تا دەوامی نەشئەی یەکەمە
شەهید بەم حاڵە خاتری جەمە
ئەو کاتەیش زیندووئەبنەوە بەشەر
بە هێزی خودای تەوانای ئەکبەر
بە شێوەی خۆیان ئەڕۆن بۆ مەحشەر

بەڵام ئاڵایان گەلێ باڵایە
شاهیدی حاڵیان (رسول الله) یە
باوەڕتان وابێ شەهیدان بەرزن
وێنەی فریشتەی سەماو سەر عەرزن
خودا بە جاهی ئیخلاصی چاکان
حەشرمان بکەی لە ریزی پاکان



فەرمووددی خودا (الذین استجابوا للهوللرسول ٠٠٠ الآیة)

ئیبن‌و ئیسحاق‌و غەیری ئەویش ئەڵێن : کاتێ کە لە رۆژی شەمەی شازدەی مانگی شەووالدا واقیعەی ئوحود رووی دا پاش ئەوە مونادی لە لایەنی حەزرەتەوە بانگی کرد:کە حازر بن بڕۆین بە شوێنی دوژمنەکاناو کەس نەیەت ئیللا ئەوانە کە دوێنێ لەگەڵمان بوون ، جا حەزرەت (د) رۆییشت بە شوێنیانا لەگەڵ نزیکی شەشصەد لە ئەصحابەکانا لەبەر ترساندنی دوژمنەکان هەتا گەیشتە (حمراء الاسد) کە هەشت میل لە مەدینەی مونەووەرەوە دوورە ، وە دانیشت لەویا رۆژی دووشەمەو سێشەمەو چوارشەمە جا گەڕایەوە ٠ وە لە (حمراء الاسد) مەعبەدی کوڕی ئەبو مەعبەدی خەزاعی گەیشت بە خزمەتی حەزرەت ، وە قەبیلەی خەزاعە ــ موسوڵمان‌و موشریکیان ــ دۆستی حەزرەت بوون ٠ جا عەرزی حەزرەتی کرد : وەڵلاهی زۆر ئێشمان پێ‌گەیشت لە رووداوی ئوحود وەلحەمدو لیللاه کە

خۆت رزگار بووی • جا مەعبەد رۆییشتو حەزرەت هەر لە (حمراء الاسد) مایەوە • وە لە (روحاء) مەعبەد گەییشت بە ئەبوسوفیانو ئیتتیفاقیان کردبوو بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینەی مونەووەرە بۆ ئەوە هەتا بتوانن هەموویان بکوژنو کەسیان نەهێڵنەوە • کاتێ ئەبو سوفیان چاوی کەوت بە مەعبەد پێی گوت : لەم رێدا چیت چاو پێکەوت یا مەعبەد ؟ ئەویش وتی : چاوم کەوت بە محەمەد لەگەڵ هەموو ئەصحابەکانیاو ــ ئەوانەیش کە حازر نەبووبوون لە ئوحودا ــ سوپایێ تا ئیستە شتی وەهام نەدیوە هەموو ئەدووتێنو لەقارا ئاگریان لێ ئەبێتەوە ! ئەویش وتی : کورە نابێ ئەمە تۆ چی ئەڵێیت ؟ وتی : جا فەرموو برۆ هەتا ئەگەی بە سوارەو سوپاکەی ! ئەبوسوفیان وتی : وەڵلاهی ئێمە بڕیارمان وایە بڕۆین ئەلاچۆیان بکەین ! مەعبەد وتی : ئەگەر بە راستم ئەزانن مەڕۆنو من نەهی ئەکەم لەم گەڕانەوەتە بۆ سەر مەدینە ، وە لەم کارەدا خێر نابینی • جا ئەبو سوفیان بە قسەی مەعبەدی کرد دووبارە گەڕانەوە بۆ مەککەی موکەڕڕەمەو خودای تەعالا لە شانی ئەو ئەصحابانە کە پاش ئەو زەحمەتی رۆژی ئوحودە ئامادە بوونو لە خزمەتی حەزرەتا چوون بە شوێنی دوژمنەکانا ئەفەرموێت :

﴿ الَّذينَ اسْتَجابوا للهِ وللرَّسولِ مِنْ بَعْدِ ما أصابَهُمْ القَرْحُ ﴾ :

ئەو کەسانەی کە ئیتاعەی ئەمری خوداو پێغەمەریان کردو کەوتنە رێگە بە شوێنی دوژمنەکانیانا لە پاش ئەوەی تووشیان بوو لە زامو لە کوشتار •

﴿ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾ (١٧٢)

بۆ ئەم کۆمەڵە ئەصحابە کە ئەهلی ئیحسانو ئیخلاصو تەقوای خودان ئەجرو ثەوابێکی گەورە هەیە ٠

وەکو بۆم بەیانکردن جوملەی (للذین احسنوا ٠٠٠ تائاخر) خەبەرە بۆ (الذین استجابوا) وە (مِن) لە لەفزی (منهم) دا بۆ بەیانو رووناککردنەوەی ماقەبلەکەیەتی ٠

فەرموودەی خودا : (الذین قال لهم الناس ٠٠٠ الآیات)

ریوایەت کراوە کاتێ ئەبو سوفیان ویستی پاش واقیعـــەی ئوحود بگەڕێتەوە بۆ مەکە بانگی کرد : (یا محمد موعدنـــا موسم بدر القابل ان شئت ، فقال علیه الصلاة والسلام : ان شاء الله تعالی ٠ فلما کان القابل خرج في اهل مکة حتی نــزل بمـــر الظهران ؛ فانزل الله الرعب في قلبه وبدا له ان یرجع ، فمر بـــه رکب من عبد قیس یریدون المدینة للمیرة ، فشرط لهم حمل بعــیر ن زبیب ان ثبطوا المسلمین ٠ وقیل لقی نعیم بن مسعود الاشجعي قد قدم معتمرا فسأله ذلك والتزم له عشرا من الابل ، فخرج نعیم ، فوجد المسلمین یتجهزون ، فقال لهم : اتوکم في دیارکم فلم یفلت منکم احد الا شرید ، افترون ان تخرجوا وقد جمعوا لکم ؟ ففتروا ! فقال ـ علیه الصلاة والسلام ـ : والذي نفسي بیده لاخرجن ولو لم یخرج معي احد ! فخرج في سبعین راکبا وهم یقولون (حسبنـــا الله ونعم الوکیل ٠) جاخودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد :

﴿ الَّذِينَ قالَ لَهُمُ النَّاسُ : إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ ﴾ :

ئەو ئەصحابانە کە قافڵەی (عبد قیس) یاخود نەعیمی کوڕی مەسعوود پێی وتن ـ لەبەر پەرێشانکردنیان ـ کە سوپای قورەیش گردبوونەتەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵتان لێیان بترسن‌و مەڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵیان ٠

﴿ فَزادَهُمْ إِيماناً ﴾ :

کەچی ئەو قسە نابارە ئیمانی زیاد کردن ٠

﴿ وقالُوا : حَسْبُنا اللهُ ونِعْمَ الوَكيلُ ﴾ : (١٧٣)

وە وتیان بە ئیخلاصی دڵ : بەسمانە خودا بۆ دەفعی زیان‌و بۆ راکێشانی خێرات‌و ئیحسان‌و باش زاتێکە خودا کە ئیعتیمادی لەسەر بدرێ ٠

﴿ فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللهِ وفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سوءٌ ﴾ :

جا ئەم کۆمەڵە ئینسانە موسوڵمانە گەڕانەوە لە بەدر لەگەڵ زیادی دارایی‌دا بە هۆی تیجارەت کردنیان لە بازاڕی بەدراو هیچ زیانێ لە لایەنی دوژمنەوە نەیدا لێیان ٠

﴿ واتَّبَعوا رِضْوانَ اللهِ ﴾ :

وە کەوتنە شوێنی ئەسبابی رەزامەندی خودا کە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جیهاد ٠

﴿ واللهُ ذو فَضْلٍ عَظيمٍ ﴾ : (١٧٤)

وە خودای تە عالا خاوەنی ئیحسان‌و بەخششی بێ‌پایانی

گەورەیە ٠

﴿ إنّما ذلِكُمُ الشَّيْطانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيائَهُ ﴾ :

ئەو نەعیمی کوڕی مەسعوودە کە هات لە لای ئێوە دەستیکرد بە دیعایەی نابار ئەوە ئیبلیسە لە شێوەی تەشبیهـا هەر بۆ ئـــەوە ئەشێ کە دۆستەکانی خۆی بترسێنێ ؛ چونکی کافر بــۆ کافــر ئەخەڵەتێو بۆ ئەوە ناشێ کە ئێوە بترسێنێ ٠

﴿ فَلا تَخافوهُمْ ﴾ :

قەت لەو نەوعە ئینسانانە مەترسن ٠

﴿ وخافُونِ ﴾ :

هەر لە من بترسن کە تەوانام هەیە لەسەر هەموو کارێ ٠

﴿ إن كُنْتُمْ مُؤْمِنِين ﴾ : (١٧٥)

ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خودا ٠

﴿ ولا يَحْزُنْكَ الّذينَ يُسارِعون في الكُفْرِ ﴾ :

با دڵگرانو زویرت نەکەن ئەو منافەقانە کە پەلەپەل ئەکـەن بۆ کوفرو خۆیان رائەکەن بەرەوپیری کوفر وە هەر کاتێ باســی کوفر ئەکرێ گەش ئەبنەوە ، وە کاتێ باسی ئیمان ئەکرێ رەش ئەبنەوە ٠

﴿ إنَّهُمْ لَنْ يَضُرُّو اللهَ شَيْئاً ﴾ :

چونکی بە راستی ئەوانە بە قەطعی ناتوانن زەرەرو زیـان بدەن لە دینی خوداو ٠ لە پێغەمەری خوداو لــە پەیڕەوانـــی

پێغەمەری خودا بە جۆرێ کە قافڵەی دین‌خواهان لە پێشکەوتن بخەن‌و وردە زیانیش زیانی وای نیە ٠

﴿ يُرِيدُ اللهُ أَلاَّ يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الآخِرَةِ ﴾:

خودا ئەیەوێ کە بەش‌و بەهرەیێ بڕیار نەدا بۆ ئەمانە لە قیامەتا ٠

﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ : (١٧٦)

وە بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی گەورە ٠

﴿ إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ ﴾ :

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە ئیستیعدادیان هەبو بۆ ئیمان هێنان‌و بۆ دەرچوون لە تاریکستانی کوفر کەچی کوفریان ئیختیارکردو ئیمانەکەیان گوڕییەوە بە بێ‌ئیمانی وەکو یەکێ ئاڵتوونی ساغ بدا بە قوماشی سووتاوی بێ‌سوود ٠

﴿ لَنْ يَضُرُّوا اللهَ شَيْئًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ : (١٧٧)

ئەوە بە قەطعی هەتا هەتایە ناتوانن هیچ زیانێ بدەن لە خوداو بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی ئێش‌دەر ٠

﴿ وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لأَنْفُسِهِمْ ﴾ :

با وا گومان نەبەن ئەو کافرانە بەو مۆڵەتەی کە ئێمە پێیان ئەدەین‌و زوو بەزوو تۆڵەیان لێ‌وەرناگرین ئەوە سوودو قازانجە بۆیان ٠

﴿ إِنَّما نُملي لَهُمْ لِيَزْدادوا إِثْماً ﴾ :

بۆیه مۆڵەتیان ئەدەین هەتا زۆرتر تاوانبار بین‌و تاوانباری زیاد بکەن ؛ چونکی هەرچی ئامۆژگاریمان کردن سوودی نەبــوو دەی با هەر بمێنن‌و باریان قورستر ببێ‌و باشتر دابمێنن ٠

﴿ ولَهُمْ عَذابٌ مُهين ﴾ : (١٧٨)

وه بۆ ئەوان هەیە لە قیامەتا عەزابێکی وا کە سووکیــــان ئەکــا ٠

فەرموودەی خودا : (ما كان الله ليذر المؤمنين ٠٠ الآية)

ئیبن‌و جەریرو ئیبن‌و ئەبی‌حاتەم ریوایەتیان کردووە لـــە (سدی) ــ خ ــ ئەڵێ : منافقەکانی شاری مەدینە وتیان : ئەگەر محەمەد لە داوای پێغەمەرایەتیدا راست ئەکا با بێت بڵێ بە ئێمە کام کەس لەناو ئێمەدا ئیمان دێنێ‌و چ کەسێ ئیمان نایێنێ ؟! جا خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو فەرمووی :

﴿ ما كانَ اللهُ لِيَذَرَ المُؤْمِنِين على ما أَنْتُمْ عليْهِ حتَّى يَمِيز الخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ ﴾ :

واتە : خودای تەعالا بڕیاری ئەوەی نەداوە کە ئــەوانــــەی موسوڵمانن هەروا بەم شێوە کە تێکەڵی کافرو منافقەکانـــــن بیان‌هێڵێتەوە کە کەس نازانێ موخلیس کێیەو منافەق کێیە ، ئەبێ هەر جیایان بکاتەوە لە یەك یا بە هۆی وەحی بۆ لای پێغەمەر ــ د ــ وە یا بە هۆی تەکلیفی زەحمەت‌و نابار کــــە موسوڵمانەکـــان هەڵی‌ئەگرن‌و منافقەکان تەرکی ئەکەن ، وە ئەم پاك‌و پیســـە لە

یەکتر جیائەکاتەوە ٠

﴿ وما كان اللهَ لِيُطْلِعَكُمْ على الغيْبِ ولكِنَّ اللهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشاءُ ﴾ :

هەروا خودا یاسای وا نیە کە ئێوە ئاگادار بکـا لەسـەر ئومووراتی غەیبیو پەنامەکی ؛ چونکی خودا تەشریفی دۆستانی خۆی ئەکا بە ئاگادارکردنەوە لەسەر بازە کارێ ٠ بەلام خـودای تەعالا لەناو پێغەمەرەکانیا ئیختیاری کەسانێ ئەکا کە خواسـتی وایە حالی ببن لە ئومووراتی غەیبیو بە وەحیو ئیلهام گەلێ شتی پەنامەکی بۆ رووناك ئەکاتەوە ، خواە ئەویش ئەو شتانـە بەیان بکا بۆ خەلك یا نە ٠

﴿ فآمِنوا بِاللهِ وَرُسُلِهِ ﴾ :

دەی ئیمانبێنن بە خودای تەعالا بە تەنیاو باوەڕتان وابێ عیلم بە غەیب بۆ کەس نیە بۆ ئەو نەبێ ؛ چونکی عیلم سیفەتێکی زاتییەو دەوام ئەکا لەگەل دەوامی خاوەنەکەیا ؛ دەی هیچ کەس ئەم عیلمەی نیە ئیللا خودا نەبێ ، بەلێ ئەوەندە هەیە وا ئـەبێ بە ئیخبارو ئیعلام بازێ لە پێغەمەران وە یا بازێ لە رەهبەران حالی ئەکا ٠ وە ئیمان بێنن بە پێغەمەرانی خودا بە سیفەتی ئەوە کە بەندەی خودان ، وە عیلم بە غەیب سیفەتی ئەوان نیە ، سـا مەگەر خودا ئیخباریان بکا بە وەحی یا بە ئیلهام ٠

﴿ وإنْ تُؤْمِنوا وتَتَّقوا فَلَكُمْ أجْرٌ عَظيمٌ ﴾ : (١٧٩)

جا ئەگەر ئێوە ئیمانبێنن بە خوداو پێغەمەران بەو شـێوە ئیستە باسمان کردو خۆتان بپارێزن لە نیفاقو دووڕوویـیو

خۆتان بپارێزن لە غولوو و موبالەغەکردن لە عەقیدەو بیرو باوەڕا ئەوە ئەجرێکی گەورەتان بۆ هەیە ٠

﴿ ولا يَحْسبَنَّ الَّذين يَبْخَلُون بِما آتاهُــم اللهُ مِنْ فَضلِهِ هَو خَيْراً لَهُمْ ﴾ :

واتە : با گومان نەبەن ئەوانەی کە بەخیلی ئەکەن بە سەرفی واجیباتی ماڵەکەیان ئەو ماڵەی کە خودا بە فەزلی خۆی پێـــی داون ، گومان نەبەن ئەو بوخلەیان چاکە بۆیان ٠

﴿ بَلْ هُو شَرٌّ لَهُمْ ﴾ :

بەڵکو ئەو بەخیلییە خراپەو فەسادەو موفسیدە بۆ حاڵیان‌و بۆ مەئالیان ٠

﴿ سَيُطَوَّقونَ ما بَخِلوا بِهِ يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ :

ئەو ماڵە کە نەیان دا بە کەس تەوقدار ئەکرێن پێی لە رۆژی قیامەتا ٠ واتە ئەکرێ بە دائیرەیێ لە وێنەی ئاسن‌و ئەکرێتـــــە ملیان ٠ ئەلحاصڵ ئەو حوقووقە کە واجبە لەسەر ئینسان سەرفی بکا بۆ خاوەن حەقەکە وەکو زەکات‌و مەنزوورەو نەفەقەی واجبەو مارەیی ژن‌و ئوجرەی کرێکارو بەشی خاوەن ماڵ لە بەجێ‌هێنانی فەرزی کیفایە وەکو میوانداری داماوو بەخێوکردنی هەتیـــوو دەفن‌کردنی مردووی بێ‌ماڵ ٠٠ ئەم حوقووقانە لە رۆژی قیامەتا ئەکرێن بە تەوق‌و ئەکرێنە ملی مانیعەکان ٠

﴿ وللهِ ميراثُ السَّموات والأرض ﴾ :

هەر بۆ خودا ئەمێنێتەوە هەر ماڵێ کە لە بەینی ئاســـمان‌و عەرزا هبێ‌و دائیر بێ لەناو خەڵکاو دەست بەدەستی پێ‌بکـــرێ ٠

واته : ئەم ماڵانە لە ئەنجاما لەبەر ئەوە کە خاوەنەکانیان ئـەمرن غەیری خودا کەس نیە کە خاوەنیان بێ ، جا ماڵێ وەها دەستان‌گەڕ بێ بۆچی خۆتانی پێ تووش ئەکەن بەشەڕ ؟

﴿ واللّهُ بِما تَعْمَلونَ خَبيرٌ ﴾ : (١٨٠)

وە خودا ئاگادارە لەسەر ئەوە کە ئەم خەڵکە ئەیکەن ·

فەرموودەی خودا : (لقد سمع الله قول الذين قالــوا ··· الآية)

ریوایەت‌کراوە لە حەسەن‌و قەتادە : کاتێ کە ئایەتی (من ذا الذي يقرض الله قرضا حسنا ···) نازڵ بـوو جوولەکەکـــان وتیان : خودا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین ؛ چونکە ماڵمان لێ‌قەزر ئەکا · جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ·

وە ئیبن‌و ئیسحاق‌و غەیری ئەو ئەڵێن : حەزرەت نامەیەکی نووسی بۆ لای یەهوودی بەنی‌قەینەقاع‌و دای بە ئەبوبەکـــری صدیق‌و لەو کاغەزەدا دەعوەتی ئەکردن بۆ ئیسلام‌و نوێژکردن‌و رۆژووگرتن‌و بۆ زەکات‌دان وە بۆ ئەوەیش کە (قرض الحسنة) بدەن بە موحتاجان جا ئەبوبەکر رۆییشت‌و چـــووە (بيـــت المدراس)ی یەهوودەوە کە تەماشای کرد کۆمەڵێکی زۆر لە یەهوود گرد بوونەتەوە لەلای (فنحاص) ناو کە گەورەیان بوو لە عالمانی یەهوودیش بوو ئەبوبەکر فەرمووی بە فەنحاص : (اتق اللـــه واسلم) وتی : تەقوای خودا بکەو موسوڵمان ببە ، وەڵڵاهی تـــۆ خۆت ئەزانی کە محەمەد رەسوولوڵڵایەو بە حەق هاتووە بۆ لاتان لە لایەنی خوداوەو لە تەوراتەکەیشتانا ناونیشانی نووســراوە ،

دەی ئیمان بێنەو تەسدیق بکەو قەرز بدە بە خودا بە قەرزی جوان هەتا بتخاتە بەهەشتەو ئەوابت دووقات زیاد بکا • جا فەنحاص وتی : یا ئەبابەکر تۆ گومان ئەبەی کە خودای ئێمە ماڵمان لێ قەرز ئەکاو هەمیشە فەقیر قەرز لە دەوڵەمەند ئەکا جا ئەگەر ئەمە تۆ ئەیڵێیت حەق بێ ئەبێ خودا فەقیرو گەدا بێو ئێمە دەوڵەمەند بین ، وە ئەگەر دەوڵەمەند بوایێ ماڵی ئێمەی بە قەرز داوا نەدەکرد ، خودا خۆی مەنعی ئێمە ئەکا لە (ربا) کەچی ریبامان ئەداتێو ئەگەر دەوڵەمەند بوایێ ریبای نەئەدا بە ئێمە ! جا ئەبوبەکر دای لە فنحاص بە لێدانێکی خراپو سوێندی خوارد ئەگەر عەهدو پەیمان لە ناویانا نەبوایێ ئەمدا لە گەردنت ئەی دوژمنی خودا ! ئەویش رۆییشت بۆ خزمەتی حەزرەتو شکاتی لێکرد وتی : تەماشا بکە ئەبوبەکر چی پێکردووم • جا حەزرەت ئەبوبەکری بانگ کرد فەرمووی : بۆچی داوتە لە فەنحاص ؟ ئەویش عەزری کرد : یا رەسوولەڵلا ئەم ناپیاوە ئەیوت : خودا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین ، منیش بە راستی رقم داگیرساو لێمدا لەو کاتانەدا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی :

﴿ لَقَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّذينَ قالُوا : اِنْ اللهَ فَقيرٌ ونَحْنُ اَغْنياءُ ﴾ :

بە راستی خودا بیستی واتەی ئەو کەسانە کە وتیان : بە راستی خودا گەدایەو ئێمە داراو دەوڵەمەندین •

﴿ سنكْتُبُ ما قالُوا وقَتْلَهُمُ الأَنْبِياءَ بِغيْرِ حَقٍّ ﴾ :

ئێمە ئەم تاوانی وتاری ئەوانە ئەنووسین وەکو تاوانە

کرداریەکانمان نووسی کە عیبارەت بوو لە کوشتنی پێغەمەرەکان بە ناحەق وەکو زەکەریاو یەحیاو غەیری ئەوانیش ٠

﴿ ونَقولُ ذوقُوا عَذابَ الحَرِيقِ ﴾ : (١٨١)

وە ئێمەیش وەکو بە کردەوە ئەیانسووتێنین لە ئاگری دۆزەخا بە وتاریش داخ ئەنێین بە دڵیاناو پێیان ئەڵێین : بچەژن عەزابی ئاگری سووزندە ، واتە وەکو چۆن کەسێ شتێ بچەژێ وەها زەڕڕاتی وجوودیان ئەو ئێش‌و ئەلەمە وەرئەگرێ‌و بە تەواوی ئازاریان پێ ئەگا ٠

﴿ ذلِكَ بِما قَدَّمَتْ أيْديكُمْ وأَنَّ اللهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ للْعَبيدِ ﴾ : (١٨٢)

وە پێیشیان ئەڵێین : ئەم عەزابتانە بە هۆی ئەو تاوانانەیە کە دەستی ئێوە پێشی خستن وە بزانن کە خودای تەعالا ستەمکار نیە لەسەر بەندەکانی خۆی ٠

(ظلام) لەم ئایەتەدا صیغەی نیسبەتە وەکو (عمار) بۆ وەستای بیناکردن‌و (تمار) بۆ خورمافرۆش ، یانی خودای تەعالا خاوەن ستەم نیەو نیسبەتی ستەم نادرێ بۆ لای ٠

فەرموودەی خودا : (الذين قالوا ٠٠٠ الاية)

واحیدی‌و بەغەوی‌و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە کە نازڵ بووە لە تاقمێ جوولەکەدا وەکو کەعبی کوڕی ئەشرەف‌و مالیکی کوڕی صەیف‌و حویەیی کوڕی ئەخطەب لەگەڵ چەن کەسێکدا هاتن بۆ لای حەزرەت (د) وتیان : تۆ داوای ئەوە

ئەکەی کە خودا کردوویتی بە رەهبەرو پێغەمەرو کتێبی بـــۆ رەوانەکردووی ، وە ئێمەیش خودا وەختی خۆی بڕیـاری داوە بۆمان لە تەوراتا کە ئیمان بە هیچ پێغەمەرێ نەیەنین کە داوای ریسالەت بکا هەتا قوربانێك بێنێو ئاگرێ لـــە ئاسمانـــەوە بێتەخوارو بیخواو لە ناوی ببا ، جا ئەگەر قوربانێکی وا دێنی بۆمانو ئاگریش هات بۆیو خواردی باوەڕت پێ ئەکەیـن • وە فەرمووی :

﴿ الَّذينَ قالُوا : إنَّ اللهَ عَهِدَ إليْنا ألاَّ نُؤمِـنَ لِرَسولٍ حتَّى يأْتِيَنا بِقُرْبانٍ تأْكُلُهُ النَّارُ ﴾ :

واتە : ئەو یەهوودییانە کە وتیان : بەراســـتی خـــودا گەیاندوویەتی پێمان کە ئیمان نەهێنین بە هیچ پێغەمەرێ هەتا قوربانێك دێنێ بۆ لامانو ئاگرێ لە ئاسمانـەوە بێتەخـــوارو بیبا •

﴿ قُلْ : قَدْ جاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلي بِالْبَيِّناتِ وَبِالَّذي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُموهُمْ إنْ كُنتُمْ صادقينَ ﴾

(١٨٣)

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست : بە راستی لەمەوپێش چەن کەسێ لە رەهبەرانی گەورەو لە پێغەمەرانی سەربەرز وەکو زەکەریاو یەحیاو شەعیا هاتن بۆلاتان بە چەن موعجیزاتێکەوەو بەو قوربانیەوە کە ئێوە باسی ئەکەن ، دەی لەبەرچی ئەوانتانە کوشت لەگەڵ ئەوەدا کە قوسووریان نەکرد لـــە ئامۆژگـــاری ئادەمیزادا ئەگەر راست ئەکەنو خۆتان لە راستان ئەزانن •

﴿ فَإنْ كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ ﴾

جا ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردیت تۆ سەبر بکەو ئازار مەدە بە دڵی خۆت ؛ چونکی ئەمە یاسای رۆژگارەو گەلێ پێغەمەرانی پێش زەمانی تۆ تەکزیب کراون و ئازاردراون (مع انه) لەسەر هەوڵدان بۆ گەیاندنی دین و ئایین دەوامیان کردووەو ئەو پێغەمەرانە کە تەکزیب کراون ·

﴿ جاؤُا بِالبَيِّناتِ والزُّبُرِ والكِتابِ المُنيرِ ﴾ : (١٨٤)

لە لایەنی خوداوە کیتابی پڕ لە فەرمان و یاسای ئایین و رێگەی خوداناسییان هێنا بۆ ئادەمیزادو حیکمەت و رێبازی هۆشیارییان پێشکەش کرد بە عەلاوەی ئەمانە موعجیزات و کارەهای عەجایبی دنیایان نیشان دا ، جا دەرکەوت (بینات) بە مانا موعجیزاتەو (زبر) جەمعی زەبوورە یانی حیکمەت و هۆشیاری یە کە لە فەرموودەی پێغەمەرەکان بووە ، وە (کتاب منیر) ئەو کیتابە ئاسمانییەتانێ کە بە وەحی هاتووە بۆیان لە لایەنی خوداوە ·

ئاگاداربن ! لە ئایینی ئەنبیاکانی پێشوودا یاسا بووە هەرکەسێ موهیمەیەکی بووبێ وە یاخود دەعوای شتێکی کردبێ و خەڵك باوەڕیان پێ نەکردبێ هاتووە حەیوانێکی سەربڕیوە بۆ خودا جا ئەگەر خودا خواستی تەرویجی ئەو کەسەی بووبێ کە ئیسباتی دەعواکەی بکا ئاگرێ لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارو دەنگێکی لێ هاتووە هەتا گەیشتووە بە قوربانییەکەو سووتاندوویەتی و مەحوی کردووەتەوە · وە ئەم وەزعە دەوامی کردووە هەتا عەهدی حەزرەتی عیسا (د) ئیتر ئەو یاسا

بڕاوەتەوە • وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە : لە تەوراتـــا نووسراوە قوربانی کە ئاگر خواردی دەلیلی راستی رەهبــەری خاوەن ریسالەتە هەتا عەهدی مەسیحو محەمەد وە لە عەهــدی ئەوانا حوججەت وا لە موعجیزاتا • بەلام یەهوودییەکان ئــەو غایەتەیان لە تەورات لابردووە لەسەر عادەتــی تەحریفاتــی خۆیان کە لە بازێ جارا کەمو زیادیان کــردووە لــە ئەلفازی تەوراتاو لە بازێ جارا مەعناکەیان بە ئـــارەزووی خۆیـــان گۆڕیوە •

﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذائِقَةُ المَوْتِ ﴾ :

هەموو گیانلەبەرێ مردن ئەچەژێ •

﴿ وإنَّما تُوَفَّوْنَ أُجورَكُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ :

وە جــەزاتان پـێ ئەدرێتەوە بە خێر یا بەشـڕ لـــە رۆژی قیامەتا لە پاش ئەوە کە خودا زیندووتان ئەکاتـــەوەو گردتان ئەکاتەوەو حسێبی بیرو باوەڕو کردەوەکانتان ئەکا •

﴿ فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النّارِ وأُدْخِلَ الجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ﴾ :

جا هەرکەسێ دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخو خرایە ناو بەهەشتەوە ئەوە بەراستی گەیشتووە بە مایەی رزگاری خۆی •

﴿ وَما الحَياةُ الدُّنْيا إلاّ مَتاعُ الغُرُورِ ﴾ : (١٨٥)

وە نیە ئەم ژیانی دنیاو خۆشییە کە لە دنیادا دەس ئەکەوێ ئیللا مایەو هۆیە بۆ غورووررو بایی بوونی ئینسان بە خــۆی جا ئاگادار بن دنیا باییتان نەکا •

بزانن ! دنیا ئەم چەرخەیە عەرزەو ئاسمانەو ئەستێرەکانە ، وە مەتاع شتێکە ئادەمیزاد لەزەت‌و ئاساییشی لێ‌وەرئەگرێ وەکوو : دارایی ، ژن ، ئەولاد ، پایە ، زانایی ، تەوانایی ، وە غورووری بایی‌بوونە کە مەعنای پشت‌هەڵکردنە لە بەجێ‌هێنانی یاسای دین کە خودای تەعالا ناردوویەتی بۆ بەختیاری ئادەمیزاد ٠

جا ئەم دنیا کە مەتاعەو هۆی رابواردنە هەروا بۆ ئینسانی بەختیار هۆی کەسبی پیرۆزی‌و سەربەرزی دنیاو سەرفرازی قیامەتیشە وە سوودو زیانی دنیا لەسەر حاڵی خاوەنەکەی دێتە جێ ، ئەم دنیا کە مەتاعی غوروورە بۆ ئینسانی قاسی‌و عاصی‌و دلڕەق‌و پەست هەروا مەتاعی بەلاغ‌و گەیشتنە بە پیرۆزی بۆ ئینسانی دڵنەرم‌و فەرمانبەری خوداو رەوشت‌بەرز بۆیە لە حەدیثی شەریفا هەیە : (الدنیا مزرعة الآخرة) ٠

راگرتنی دین بە هێزە هێز بە دارایی‌و زانستە وە راگرتنی دنیایش هەر پێویستە بە دارایی‌و حەزرەت (د) وەکو مەنعی ئەبودەرداو ئەصحابی صوففەی نەکردووە لە زوهدو مانەوە لە مزگەوتا بۆ عیبادەتکردن ، مەنعی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشی نەکردووە لە تەماشای دارایی‌و مەنعی باقی ئەصحابەکانیشی نەکردووە لە باخداری‌و تیجارەت‌و ئاڵوویر ٠ کەوابێ دنیا بۆ ئەو کەسە لە حەڵاڵ کەسبی بکاو لە حەڵاڵا سەرفی بکا زۆر باشەو خێرە بۆیە خودا لە قورئانا بە خێر ناوی بردووەو فەرموویەتی : (کتب علیکم اذا حضر احدکم الموت ان ترك خیرا الوصیة ٠٠) وە لە چەن شوێنی ترا ناوی بە خێر بردووە ٠ جا واجبی ئینسانی موسوڵمانە قەت بەتاڵ نەبێ‌و بە قەی ئیمکان

مەشغووڵی کەسبی پاك بێ ؛ لە کشتوکاڵ ، لە باخو بێستان ، لە ئاڵو وێر ، لە دووکانداری ، لە کرێکاری ، لە حەیوانداری ... وە باقی کاسبی حەلاڵ بەم شەرتە تەماشای یاسای ئیسلام بکا لە پەیداکردنیاو لە سەرفکردنیا هەتا مەسئوولییەتی گەورە رووی تێ نەکا .

جا لەبەر ئەوە ئادەمیزاد (بالذات) خۆی بە بێ ئامۆژگاری ئەکەوێتە شوێن دنیاداری خودا لەزورمەی ئامۆژگاری لە ئایاتا رووی کردوونەتە دینداریو بێ تەماعی . ئەگەرنا هیچ کارێ لە دنیادا بەبێ زۆری لەشو بەبێ عەقڵو عیلمو دارایی تـەواو نابێ . خودا لە باسی (طالووت) دا فەرموویەتی (وزاده بسـطة في العلم والجسم) . لە باسی (سليمان) دا فەرموویەتی : (قال الذي عنده علم من الكتاب) . وە لە باسی (داود)ا فەرموویە : (وعلمناه صنعة لبوس لكم) . وە فەرموویەتی (ولا تنس نصيبك من الدنيا واحسن كما احسن الله اليـــك) . رەحمـەت لـــەوە وتوویەتی :

دارایی بۆ مـەرد لـــەگەڵ دانایـــی
زۆر بالاتـــرە لـــە پادشـــایی
دینو دنیای خۆی ئامادە ئەکـــــا
چرا هەڵئـــەکا بـــۆ رۆشـــنایی
لە پاش مردنیش دیاری بـــۆ دێ
لای موسـوڵمانان بـــێ ئاشـــنایی



فەرموودەی خودا (لتبلون في اموالكم ٠٠ الآية)

ئیبن‌و ئەبی حاتەم‌و ئیبن‌ولموونزیر ریوایەتیان کردووە لـە ئیبن‌و عەبباسەوە (خ) ئەڵێن : ئەم ئایەتەیش هەر نازڵ بوو لـە هۆی ئەو جیدالەوە کە لە بەینی ئەبوبەکری صدیق‌و فەنحاصـی کوڕی عازووراداڕووی دا کە وتی (ان الله فقیر ونحن اغنیاء) . پەنا بە خودا ! ـ

بەڵام عەبدوڕەزاق ریوایەت ئەکا لە زوهرییەوە : کە ئـەم ئایەتە نازڵ بوو لە کەعبی کوڕی ئەشرەفدا کە زۆر زەمـــی پێغەمەری ئەکرد ـ د ـ لەگەڵ ئەصحابەکانیا وە هانی کوففاری قورەیشی ئەدا لەسەریان جا فەرمووی :

﴿ لَتُبْلَوُنَّ في أَمْوالِكُمْ وأَنْفُسِكُمْ ﴾ :

بە راستی ئێوە دیرۆندەی ئازاری دڵ ئەکرێن‌و تەجرەبـــە ئەکرێـــن ـ واتــە شـــتی واتان بەســـەر دێ وەکو بەســەر تەجرەبەکراوا بێ ئەنا خودا خۆی زانایە بە هەمـــوو شتـــێ‌و بەراوردی پێویست نیە ـ بە زیان‌کردن‌و سەرف‌کردنی دارایـی لە ڕێگەی‌چەك‌کڕین‌و خواردەمەنی‌و باقی پێویستی جەنـــگ ، وە بە زیان لە نەفسی خۆتانا بە بریندار‌بوون بـــە کوشـــتارو ئازاردان بۆ دڵ‌و لەش ٠

﴿ ولَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذينَ أوتُوا الكِتابَ مِـــنْ قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذينَ أَشْرَكُوا أذىً كَثيراً ﴾ :

وە بە راستی ئەبیسن لەو کەسانەوە کە لە پێش ئێـــوەدا کیتابی ئاسمانییان پێدراوە وەکو یەهوودو نەصاراو لەوانـەوە

که شەریکیان بۆ خودا قەرار داوە (العیاذ باللە) وتاریکی ناباری ناهەمواری درۆو دەلەسەو بوختانو گاڵتەپێکردن وەکو یاسای سەرسەرییەکان بووە لەگەڵ پێشەواکانا ئەو ئەندازەیە کە ئەبێ بە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ ئێوە •

﴿ وإنْ تَصْبِروا ﴾ :

وە ئەگەر خۆتان بگرنو ئەو ئازاری دڵتانە هەڵبگرن •

﴿ وتَتَّقوا ﴾ :

وە خۆتان بپارێزن لە بێ ئەمری خودا لەم هۆیەوە ، واتە لە باتی تاوانبارێ بێ تاوانێ ئازار نەدەن •

﴿ فَإنَّ ذلِكَ مِنْ عَزْمِ الأمورِ ﴾ : (١٨٦)

ئەوە بە راستی ئەم سیفاتە بەرزانە لەو سیفەتانەن کە خودا بڕیاری داون بۆ بەندە ئازادەکانیو بۆ رەهبەرە بەرزەکانیو بۆ پێغەمەرە نازارەکەی •

﴿ وإذْ أخَذ اللهُ میثاقَ الَّذینَ أُوتوا الکِتابَ لَتُبَیِّنُنَّهُ للنَّاسِ ولا تَکْتُمونَهُ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەو چەرخە بکە بۆ یارانت کە خوای تەعالا عەهدو پەیمانی وەرگرت لەو زانایانە کە کیتابی خودایان پێدراوە ـ واتە بە دەرز خوێندوویانە وەکو عالمەکان ـ کە بە راستیو راساڵی مەعنای ئەو کیتابە روونناك بکەنەوە بۆ هەموو ئەفرادی ئوممەت وە کەمو زیادی تیاناکەنو بە عەنادو ملەجڕێ مەعناکەی لە راستە لانەدەن وە بیری پرسیاری پاشەڕۆژیان لە دڵدا بێو هیچ باسێ لەو باسانە کە وان لە

کتێبەکەدا نەیشارنەوە لە کەس ٠

﴿ فَنَبَذوه وراءَ ظُهُورِهِمْ ﴾ :

کەچی ئەو ئادو پەیمانەیان فڕەدا بۆ لای پشتیانەوە ، واتە موبالاتیان پێ نەکردو پاپاییان نەکرد ٠

﴿ واشْتَرَوْا بِهِ ثَمَناً قَلیلاً فَبِئْسَ ما یَشْتَرون ﴾ : (١٨٧)

وە بەو کیتابە کە لەلایان بوو نرخی کەمیان وەرگرت ، واتە لەبەر ئەوە کە دیاریو دەسەندەیان دەس بکەوێو لەسەر پایەو مایەی خۆیان دەوام بکەن پەیمانی خودایان لەبیر بردەوە بەڵکو کەمو زیادیان تێدا کردو لەسەر موناسبی هەوای خۆیان مەعنایان بڵاوکردەوە ، ئەمەیش شتێکی خراپ بوو ئەوان وەریان گرتو کڕییان بەو ماڵە نەختە ڕەواجی خۆیانە ٠

فەرموودەی خودا (لا تحسبن الذين يفرحون ٠٠ الآية)

موسلیمو بوخاریو ترمذیو نەسائیو غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە : کاتێ کە مەروان کوڕی حەکەم کوڕی عاص ئەمیری مەدینەی مونەووەرە بوو لەلایەنی موعاویەوە خزمەتکارێکی خۆی هەنارد بۆ لای ئیبنو عەبباسو پێی وت : بڵێ بە ئیبنو عەباس : ئەگەر کەسێ شادو مەسروور بێ بەوەی کە دەستی ئەکەوێو حەز بکا بەوە ثەنای بکرێ لەسەر شتێ کە ئەو نەیکردووە عەزابی بدرێ لە قیامەتدا ٠٠ هەموومان عەزابمان ئەدرێ ٠ ئیبنو عەباس (خ) فەرمووی : چیتانە بەسەر

ئەم باسەوە ؟ ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی ئەهلی کیتابا کــە حەزرەت پرسیاری شتێکی کرد لێیان ئەوان شاردیانەوەو بەیانیان نەکردو خەبەریان بە شتێکی موخالیف پێدا • جا دەرچوون وایان نیشان ئەدا کە جوابی پرسیارەکەیان بە راســـتی داوەتەوەو سوپاسی خودایان ئەکرد لەسەر ئەمەو دڵشادیش بوون بەوەی کە کەتمی حەقیقەتەکەیان کردووە • ئەم ئایەتە لەوەدا نازڵبووە •

وە ریوایەتیش کراوە لە ئەبوسەعیدی خدرییەوە (خ) کــە تاقمێ لە منافقەکان هەرکاتێ حەزرەت ئەڕۆییشت بۆ غەزا خۆیان دوا ئەخستو نەدەچوونو دڵشاد بوون بە مانەوەیان لەســەر موخالەفەی حەزرەت (د) وە کاتێ حەزرەت ئەهاتەوە لەو غەزایە ئەچوون عوزریان ئەهێنایەوە لە خزمەتیاو سوێندیان لەســەر ئەخواردو پێیان خۆش بوو کە تاریف بکرێن لەسەر ئەوەی کــە نەیانکردووە • جا ئەم ئایەتە نازڵبوو • ئەمەیش بوخـــاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە • جا عەللامە قورطوبی ئەڵـــێ : حەدیثی ئەووەڵ بە خیلافی ئیقتیزای حەدیثی دووهەمە • کەوابێ ئیحتیمالی هەیە ئەم ئایەتە لەسەر هەردوو سەبەبەکە نازڵبووبێ چونکە هەردوو واقیع بوون لەیەك زەمانا • کەوابێ ئایەتەکــە ئــەبێ بە جواب بۆ هەردوو تاقمەکە •

وە حافظ ئیبنو کەثیر ئەڵێ : مونافات نیە لە بەینی ئەوەدا کە ئیبنو عەبباس فەرموویەتیو لە بەینی ئەوەدا کە ئــــەو جەماعەتە فەرموویانە ؛ چونکی ئایەتەکە عامەو شامیلە بۆ هەموو ئەو وەزعانە • بەهەرحاڵ خودا ئەفەرموێت :

﴿ لا تَحْسَبَنَّ الَّذينَ يَفْرَحونَ بِما أتَوْا ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست زەن مەبە ئەوانە کە دڵشادو شادمان ئەبن بەو کردەوە نابارانە کە ئەیکەن وەکو حەق ونکردنو دەرخستنی بەتاڵ لە شێوەی حەقدا ٠

﴿ وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا ﴾ :

وە زەن مەبە بەو کەسانە کە حەز ئەکەن ئەنایان بکرێ بە بازێ کردەوەی باشی وەها کە نەیانکردووە ٠

﴿ فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ ﴾ :

زەن مەبە بەوانە کە دارای نەجاتو فەوزو رزگارین لە سزاو تۆڵەی خودا ٠

﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ : (١٨٨)

وە بۆ ئەوانە هەیە عەزابو ئازارێکی ئێشگە پێن ٠

﴿ وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ : (١٨٩)

هەر بۆ خودایە پادشاهیو دارایی ئاسمانەکانو عەرز بە هەموو کانو گیاو گیانلەبەرانو ئینسانەوە تەسەڕوفیان تیادا ئەکا لەسەر داوای حیکمەتی شامیلو رەسایی خۆی ، وە کەس یارای ئەوەی نیە پرسیار بکا بۆچیو لەسەرچی ؟ وە خودا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە ٠

فەرموودەی خودا : (ان في خلق السموات ٠٠ الآيات)

ئیمامی طەبەرانیو ئیبنولمونزیر ریوایەتیانکردووە لە

ئیبن‌و عەباسەوە فەرموویەتی : قورەیشیەکان هاتن بـــۆ لای یەهوود پرسیان کرد لێیان : حەزرەتی موسا چلۆن هات بۆ لای ئێوەو چ موعجیزەیەکی هێنا ؟ وتیان : عەساو یەدی بەیضـــا ، واتە : عەساکەی فرەئەدا ئەبوو بە مارو دەستی ئەکرد بـــە باخەڵیاو کاتێ دەری‌ئەهێنا وەکو چرا پڕتەوی ئەدایـەوە • وە رۆیشتن بۆ لای گاورەکان پرسیاریان کرد : عیسا چ موعجیزەیەکی هێنا بۆ ئێوە ؟ وتیان : کوێری سکومای چاك ئەکردەوەو ئینسانی بەڵەکی رزگار ئەکردو مردووی زیندو ئەکردەوە • جا هاتن بۆ لای‌پێغەمەر (د) پێیان وت : داوا بکە لە خودای خۆت کـــــە تەپۆڵکەی (صفا) بکا بە ئاڵتوون بۆمان ! جا بە شوێنی ئەمەدا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون •

﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمواتِ والأرْضِ واختِلافِ الليْلِ والنَّهارِ لآياتٍ لأولي الألْبابِ ﴾ : (١٩٠)

بەراستی هەیە لە ئیجادو خەلق‌و دروستکردنی ئاسمانەکان‌و ئەو ئەستێرانە کە لە شوێنی خۆیانا ئەمێننەوەو ئەوانە کە لەسەر مەداری تایبەتی هەڵئەسوورێن بە درێژی کات‌و لە ئەوزاعـــی عەرزاو ئەو کان‌و مەعدەنانە وان لە ناویاناو لەو ئاوە شیرینـــە سافانەو لەو ئاوە شۆرەو ئەو شەلالەو تافانە کە بە توولی ئەییام دێن‌و رەوانن‌و لەو بەرزەوەبوونی بوخارو هەورو هاتوچـۆی هەورو باراندنـــی باران بەســـەر عەرزاو لـــە ئیختیـلاف‌و بەیەکاچوونی زەمانی شەوو رۆژ بە کەم‌و زیـاد ، وە لــــە ئیستیمراری ئەمانەدا بەبێ موخالەفە گەلێ ئایات‌و نیشانە هەن لەسەر وجوودی پەروەردگاری زیندووی زانای تەوانای خاوەن

خواستو تاقو تەنیای بێ وێنەو بێ ئیحتیاجو نیاز بە کەس • بۆ ئەو کەسانە دارای عەقڵی خاڵصو بێ نەخۆشین ؛ چونکی ئەم شتانە باسکران هەموو رام بوون بۆ ئیشکردن وەکو خادمو کارەکەر ، واتە هێزێکی خاریج ئەمانەی خستووەتە ئیشەوە ، وە ئەو هێزە ئەگەر بێ زانستو شوعوور بێ بە عەقڵو فام مومکین نیە هێزی بێشوعوور بە درێژی چەرخی رۆزگار ئەم هەموو هاتوچـــووە نازارەو ئەم هەموو کارە شێرانانەو ئاثارانەی لێ پەیدا ببێ • وە ئەگەر خاوەن زانستو شوعوورە ئەوە هێزی ئەو پەروەردگارە زانای تەوانای خاوەن کردگارەیە کە عالەمی رام کردووە • تەنیا ئەمە ئەمێنێ لە ئارادا کە تۆ نازانی حەقیقەتی ئەو زاتە خاوەن هێزە چییە ، ئەمەیش نابێ بە مانیعی تۆ لە ئیعتیراف بە بوونی زاتی پەروەردگار ؛ چونکی گەلێ شت هەن لای تۆ وجوودیـــان موحەققەقەو نایشزانی حەقیقەتیان چییە وەکو رۆح ـ گیانـــی خۆت ئەزانی هەیەو نازانی چییە ، وەکو جازیبەی ئەم سەییاراتە کە هەموو کورەیێ لەسەر جازیبەیەکی تایبەتی ئەسووڕێتەوەو تۆیش نازانی حەقیقەتی ئەو جازیبەیە چییە ، وە وەکو ئـــــەم رۆژە کە ساڵەهای ساڵە بەم گەورەییو قەوارەوە بووە بــــە دایکانەو بە مەرکەز بۆ ئەم هەموو مەوجووداتی عالەمـــــەو داگیرساوەو بووە بە چرای رووناکی تەواوی عالەمو نایشزانی حەقیقەتەکەی چییە ، وە وەکو ئەم ئەثیرە کە لە عالەما هەیەو بوو بە هۆی گەیشتنـــی دەنگو رەنگی ئەشـــباح بە ئـادەمیزادو حەقیقەتەکەیشی نازانی چییە •

جا ئەگەر ئینسان بە دڵێکی پاکی خاڵی لـــە خەوشو خاڵ

وردیێتەوە لەمانەدا بە ناچاری ئیعتیراف ئەکا بە پەروەردگاری جیهان ئەو پەروەردگارە کە لەسەر ئەم یاسا جوانە جیهانی دروست کردووەو رازاندوویەتیەوە کە هەمووی سەروخوار وەکو خانوویێ وایە کە بە گومەزێکی گەورە دروست کرابێ‌و لەو گومەزەوە چرای زۆر بەرەوە بووبێ‌و لەسەر هەموو چراکانەوە شاچرایێ ئاوێزان بووبێ‌و بە دەوام ئەو دیمەنە جوانەت بێ خیلاف نیشان بدا • وە بۆ پێغەمەری ئاخر زەمان موعجیزە لەم دەرزە بەرزتر پێویست نیە • لەم لایشەوە ئەگەر ئینسانێ داوای دەسکەوتنی دەرمانی دڵ بکا وەکو چۆن ئەگەڕێ بە شوێنیاو هەرکەسێ دەرمانێکی نیشان بدا • ئەگەر هەر بۆ بەراوردیش بێ چەن رۆژێ بەکاری دێنێ • وەها ئەم پێغەمەرانە (د) هەموو وەکوو دوکتۆری نەخۆشینی گیانن وە بڕیاریان داوە بە یەكڕوویی داوای یارمەتی غەیبی لەخودا بکەی‌و ماوەیێ مەشغوولی یادو ناوی خودا بێ دڵت دائەمەزرێ • (الا بذکر الله تطمئن القلوب) وە ئەم دەرمانە لە هەموو دەرمانێ بەسوودترە ؛ چونکی بەراورد کراوە کەس بە فەلسەفە لە حەقیقەتی غەیبیات حاڵی نەبوو وە تا یەکێ کەمێ حاڵی بووبێ بە دەلیلی عەقڵی هەزاران کەس لەسەر یاسای دین‌و تەمێ‌و تەربیەی پێغەمەر (د) پێگەییشتووە وە ئەوەندە تێگەییشتووە کە دڵی ئارام ببێ ، بۆیە خودا بە شوێن کەلیمەی (اولي الالباب)دا ئەفەرموێ :

﴿ الَّذينَ يَذْكُرونَ اللهَ قياماً وقُعوداً وعَلى جُنوبِهِمْ ﴾ :

واته : خاوەن هۆشە ساغەکان ئەو کەسانەن کە زیکـــری خودا ئەکەن بە راوەستان‌و دانیشتن‌و لەسەر تەنیشتەوە •

﴿ ويَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمواتِ والأَرْضِ ﴾ :

وە بیرئەکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان‌و عەرزا •

﴿ رَبَّنا ما خَلَقْتَ هذا باطِلاً سُبْحانَكَ ﴾ :

لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە پاکەدا ئەڵێن : پەروەردگاری میهرەبانی ئێمە تۆ ئەم کۆمەڵە جوانە کە ناوت ناوە جیهان بــە بــێ‌سوود دروستت نەکردووەو تۆ تەقدیس‌و تەنزیهو تەبرییە ئەکەین لە دروستکردنی شتی بێ‌سوود ، جا کە مادام تۆ ئــەم عالەمەت بە بێ سوود دروســـت نەکردووە بەڵکـــو دروستت کردووە بۆ بەندەیی خۆت‌و بۆ ئەوە ببێ بە جیلوەگای دەرکەوتنی ئاثاری تەواناییی خۆت‌و ئێمە ناتوانین بە تەواوی تۆ بناسین‌و بە رەسایی عیبادەتت بۆ بکەین • وە قوسوورمان ئــــەوەندە زۆرە شیاوین بۆ شالاوی ئاگری دۆزەخ •

﴿ فَقِنا عَذابَ النَّارِ ﴾ : (١٩١)

بمانپارێزە ، ئەی خودای میهرەبـــان لە ئازاری ئاگـــری دۆزەخی خۆت •

ئێمە بەندەی تۆو تۆیش بە حەق خودا
جیهانـــی جوانت کرد بـــە جیلوەگا
فریشتەو جنی‌و گشت ئادەمیـــزاد
کردت بە شاگرد ، رەهبەر بە ئوستاد
ئەگەر لە دەرزی بەرزی زانستـــی
یـا لــە ئەنجامـی خوداپەرستی

راسبماینەوە بە زۆری خەتـــا
ناجیحمان بکە ئەی خاوەن عەتـــا
بە مایەی پایەی حەزرەتی رەهبـەر
یەعنی محەمەد سەرداری ئـــەنوەر

★ ★ ★

﴿ رَبَّنا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ ﴾:

ئەی پەروەردگاری ئێمە بۆیێ وا بە جۆش داوای ئەوەت لێ ئەکەین کە بمانپارێزی لە ئاگری دۆزەخ ؛ چونکی بە راستی ئەو کەسەی کە تۆ بیهاویتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئەوە بە تەواوی رسواتکردووە لە ناو هەموو ئەو ئادەمیزادانە کـــە خاوەن پایەنو بە ستەمگارت ژماردووە ؛ چونکی تۆ پادشایەکی عادڵـی ئینسانێ کە ستەمگار نەبێ نایهاویتە ناو ئاگر •

﴿ وَما لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصارٍ ﴾ : (١٩٢)

وە ئەو کەسانەیش کە ستەمگارن هیچ یارمەتیدەرێکیـان نیە کە بە هێز دەریان بکا لەو ئاگری دۆزەخە ، وە ئەترسین کـە خواستیشت لەسەر ئەوە نەبێ کە تکاکاری گـــەورە زوو بێتەو تکامان بۆ بکات ، وە بەم شێوە زۆر لەو ئاگرەدا بمێنینەوە •

﴿ رَبَّنا إِنَّنا سَمِعْنا مُنادِياً يُنادِي لِلإِيمـــانِ : أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا ﴾ :

پەروەردگارا بە راستی ئێمە گوێمان لە دەنگی جارکێشێکەوە بوو بانگی ئەکردین بۆ ئەوە ئیمان بێنین ،وەکو پێغەمەر بێ (د)، وە ئێمە سوپاس بۆ تۆ ئیمانمان هێنا •

﴿ رَبَّنا فَاغْفِرْ لَنا ذُنوبَنا وكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئاتِنا ﴾ :

پەروەردگارا دەی مادام ئیمانمان هێناو چووینە ریزی ئوممەتی ئیجابەوە تۆیش تاوانە گەورەکانمان بپۆشەو بە میهرەبانی خۆت کەفارەتی تاوانە بچووکەکانمان بۆ بدە ٠

﴿ وتَوَفَّنا مَعَ الأَبْرارِ ﴾ : (١٩٣)

وە بمانمرێنەو گیانەکەمان لێوەربگرەوە لەگەڵ پیاوە باشەکانا ، واتە کاتێ کە گیانمان دەردەچێ پیاوی باش زۆر لە دەورو پشتمان ببن . وە یاخود لە ناو پیاوە باشەکاناو لە گۆڕستانی ئەوانا بمنێژە ٠

﴿ رَبَّنا وآتِنا ما وَعَدْتَنا على رُسُلِكَ ﴾ :

پەروەردگارا بە میهرەبانی خۆتو بە وەفای خۆت بە وادەکانت ئەو ثەوابەو ئەو پایەو مایەیە کە لەسەر زمانی پێغەمەرەکانت وادەت پێداوین بماندەرێ ٠

﴿ وَلا تُخْزِنا يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ :

وە لە رۆژی قیامەتا رسوامان مەکە لەناو کۆڕی پیاوەباشەکانا ٠

﴿ إنَّكَ لا تُخْلِفُ المِيعادَ ﴾ : (١٩٤)

بە راستی تۆ تەرکی وەفا بە وەعدە ناکەی ٠

﴿ فَاسْتَجابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لا أُضِيعُ عَمَلَ عامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ ﴾ :

جا خوداى تەعالا داواكەيانى قەبووڵكردو دڵخوازەكەيانى بەجێهێناو فەرمووى : بە راستى من كردەوەى هيچ خاوەن كارێ لە ئێوە زايە ناكەم نێر بێ يا مێ ، كە بازێكتان لە بازێكتانە ، واتە نێرينە لە مێيينەو مێيينە لە نێرينەيە ، ياخود بازێكتان تێكەڵى بازێكى ترە ، بەم مەعنا كە هەمووتان لە يەك ئەسڵن ، وە ياخود هەمووتان بە يەكەوە لكاون لە دين‌و ئايينا ٠

﴿ فالَّذينَ هاجَرُوا وأُخْرِجوا مِنَ دِيارِهِمْ وأُوذُوا في سَبيلي ﴾ :

وە ئەو كەسانە كە هيجرەتيان كرد لە مەككەى موكەڕڕەمە بۆ مەدينەى مونەووەرەو دەركران لە خانووبەرەى خۆيانو ئازاريان درا لە رێگەى مندا ٠

﴿ وَقاتَلُوا ﴾ :

وە جەنگيان كرد لەبەر بەرزكردنەوەى كەليمەى حەق ٠

﴿ وقُتِلُوا ﴾ :

وە كوژران ٠

﴿ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئاتِهِمْ ﴾ :

بە بێگومان هەموو تاوانەكانى ئەوان گەورەو بچووك

دانەپۆشم ٠

﴿ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأنْهارُ ﴾ :

وە بە راستی ئەیانخەمە ناو چەن باغێکی بەهەشتی وا کە جۆبار لە ژێر دارەکانیەوە رەوان ئەبێ ٠

﴿ ثَواباً مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ :

وە ثەوابیان ئەدەمێ بە ثەوابێ کە شیاوی کەرەمی خودا بێ ٠

﴿ واللهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوابِ ﴾ : (١٩٥)

وە خودای تەعالا لە لایەتی ثەوابی جوان ، وە بە فەزڵو ئیحسانی خۆی ئەیبەخشێتەوە بە موسوڵمانانا ٠

ریوایەتکراوە لە (أم سلمة) ـخـ ئەڵێ : عەرزی حەزرەتم کرد : یا رەسوولەڵلاّ نابیسم کە خودای تەعالا ناوی ژنان ببا لە ئەهلی هیجرەتا بە هیچ نەوعێ ! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتی (فاستجاب لهم)ەی ناردە خوارەوە ٠

فەرموودەی خودا : (لا يغرنك تقلب ٠٠ الايات)

واحیدیو بەغەویو غەیری ئەوانیش فەرموویانە : ئەم ئایەتە نازڵبووە لە موشریکەکانی مەکەدا ؛ ئەوان زۆر لە رابواردنو ژیانێکی رەسادابوونو موسوڵمانەکانیش گەداو بێ

دارایی بوون ، جا لە ناو خۆیانا باسیانکرد وتیان : ئەم دوژمنانی خودا وان لە ناو نازو نیعمەتاو ئێمە نزیکە لە برسێتییا بمرین ·
جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە فەرمووی :

﴿ لا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذينَ كَفَرُوا في البِلادِ ﴾ (١٩٦)

با دڵت تێكنەداو دڵی ئوممەتی تۆ تێكنەدا هەڵسووڕانی ئەوانە کە کافرن لە ناو نازو نیعمەتی زۆرا لەم شارەداو لـــە شارانی ترا ·

﴿ مَتاعٌ قَليلٌ ﴾ :

ئەو هەڵسووڕانە لەناو نیعمەتا جێگەی ئیعتیمـاد نیـــە ؛ چونکی لەزەتو ئاسایشێکی کەمەو مادام لەگەڵ ئیمانا نیـــە ماوەیێ پێی رائەبوێرن ·

﴿ ثُمَّ مَأْويهُمْ جَهَنَّمْ ﴾ :

لە پاشان ماواو مەنزڵیان دۆزەخە ·

﴿ وَبِئْسَ المِهادْ ﴾ : (١٩٧)

وە خراپ ئارامگایەکە دۆزەخ ·

ئەم نەوعە ئاخو داخی ئینسانی گەدا لە کاتی تەماشـــای دارایی دەوڵەمەندانا زۆرە ، بە تایبەتی ئاخی ئەوانە کـــە مەشغووڵی عیلمو زانستنو مەجالی دنیایان نیە ، بەلاّم بە باوەڕی من ئەم داخە زۆر بێ موناسەبەیە ؛ چونکی هەموو عاقڵێ ئەزانێ

ئەم جیهانە لەسەر بناغەی ئەسباب و ئەسبابسازی ئـــەڕوا ، هەرکەسێ کشتوکاڵ بکا گەنم و جۆ درەو ئەکا ، وە ئـــەوەی چوداری بکا شیر و دۆ وەرئەگرێ ، وە ئەوەی تیجارەت و ئاڵوویر بکا دراوی دەست ئەکەوێ ؛ دەی ئینسانێ لە مزگەوتا شەوو ڕۆژ دوور بکەوێتەوە لە ئەسبابی دارایی چـــۆن دارایی دەســـت ئەکەوێ ؟! یا ئەو کەســـە وا لـــە دەشتا چۆن عیلم و زانســت وەرئەگرێ ؟! بە عادەت ئەمە مەحاڵە • بێجگە لەمانە کابرا کـــە لەبەر خودا تەرکی دنیاو دارایی بکاو مەشغووڵی خزمەتی دین و کەسبی جەزای ڕەزای خودا بێ چۆن عەقڵ مەجالی پێ ئـــەدا وەربگەڕێتەوە بۆ ماڵێکی دنیایی دەســـت بکـــا بە ئاخ و داخ ؟ هەرکەسێ بارەی کاری خۆی وەرئەگرێ وەکو خودا ئەفەرموێت:

﴿ لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوا رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ خالِدِينَ فِيها ﴾ :

بەڵام ئەو کەسانە کە تەقوای خودای خۆیان ئەکەن بۆ ئەوان هەیە چەن بەهەشتێ کە جۆبار ڕەوان ئەبێ لە ژێری ئەو باغانەوەو بڕیاری مانەوەیان دراوە هەتا هەتایا •

﴿ نُزُلاً مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ :

حاڵی ئەم بەهەشتانە وایە کراون بە ئیکرامییەی ئامادەکراو بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن تەقوای خودان •

﴿ وَمَا عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ لِلأَبْرارِ ﴾ : (١٩٨)

وە ئەو بەهەشتە کە لەلای خودایەو ئامادەکراوە باشترە بۆ پیاوە باشە خێرۆمەندەکان لەو دارایی دنیایە •

فەرموودەی خودا (وان من أهل الكتاب •• الاية)

نەسائی ریوایەتی کردووە لە ئەنەس (خ) : کاتێ باسی مردنی (نەجاشی) پاشای حەبەش گەیشت بە مەدینە حەزرەت(د) فەرمووی : نوێژی لەسەر بکەن ، ئەصحابەکان عەرزیان کرد : یا رەسوولەڵلا نوێژ ئەکەین لەسەر ئینسانێکی حەبەش ؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

وە ئیبنو جەریر ریوایەتی کردووە لە جابیر فەرمووی : کاتێ کە نەجاشی مرد حەزرەت (د) فەرمووی : ئەصحەمەی براتان لە حەبەشستان وەفاتی کرد ، جا حەزرەت (د) رۆییشتە دەرو ویژی لەسەر کرد وەکو چۆن نوێژی لەسەر جەنازە ئەکرد ، وە چوارجار (الله أكبر)ی کرد • جا منافقەکان وتیان : تەماشا بکەن محەمەد نوێژ ئەکا بەسەر کافرێکدا مردووە لە عەرزی حەبەشەدا جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

وە هەیە لە صەحیحی بوخاریو موسلیمدا : کاتێ نەجاشی مرد حەزرەت باسی مردنی ئەوی کرد لەگەڵ ئەصحابەکانیاو فەرمووی : براێیکتان لە حەبەشەدا وەفاتی کرد نوێژی لەسەر بکەن ، جا تەشریفی برد بۆ سەحراو ئەصحابەکانی ریزکردو نوێژی لەسەر کرد •

وه له بازێ ریوایەتا ئەڵێن : نازڵ بووه لەعەبدوڵلای کوڕی سەلامو رەفیقەکانیا • وه له بازێکی ترا ئەڵێ : نازڵ بووه له چل کەس له ئەهلی نەجران وه سیو دوو کەس له ئەهلی حەبەشەو هەشت کەس له رۆم گاور بوونو هاتن موسوڵمان بوون •

﴿ وإنَّ مِنْ أَهْلِ الكِتابِ لَمَنْ يُؤْمِنْ باللهِ وَما أُنْزِلَ إلَيكُمْ وما أُنْزِلَ إلَيْهِمْ خاشِعِينَ للهِ لايَشْتَرونَ بآياتِ اللهِ ثَمَنا قَليلا ﴾ :

به راستی له ئەهلی کیتابه بازەکەسێ که ئیمان دێنێ به خوداو بەو کیتابه که نازڵ کراوه بۆ سەر ئێوەو بەو کیتابه که نازڵ کراوه بۆ سەر ئەوانو حاڵیان وایه دڵیان ئەترسێ له عەزابی خوداو هەموو وجوودیان ئەلەرزێ له بەر ئەمری زاتی حەقداو له موقابیلی ئایاتی خوداوه عیوەزو پاداشێکی کەم وەرناگرن •

﴿ أُولئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ ﴾ :

ئەم کۆمەڵه که باسمان کردن ئەجرو ئەوابیان ثابته لای خودای خۆیان •

﴿ إنَّ اللهَ سَرِيعُ الحِسابِ ﴾ : (١٩٩)

وه به راستی خودا به پەله حسێبی کردەوەکان تەواو ئەکاو ئەوابەکەیان پێ ئەگەیەنێ •

﴿ يا أَيُّها الَّذينَ آمنُوا اصْبِرُوا ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا خۆتان بگرنو سەبر بکەن لەسەر ئازاری تاعاتو لەسەر ئەوەی کە پیتان ئەگا لـــە زەحمەتو بێئاسایشی ·

﴿ وصَابِرُوا ﴾ :

وە خۆتان غالب بکەن بەسەر دوژمنانی خودادا بە هــۆی سەبرو خۆگرتن لەسەر جەنگی کافران لە مەیدانا ·

﴿ ورابِطُوا ﴾ :

بمێننەوە لە حودوداو چاوەڕێــی جەنگ بکەن لەبــەر بەرزکردنەوەی دین وە یــا لەپاش ئەوە کــە فەرزێکتان لــە نوێژەکانتان کرد بمێننەوە لــە مزگەوتا هــەتا وەختی نوێژی دووەم · (مەثەلا) لە پاش نوێــژی نیوەڕۆ چاوەڕێی نوێــژی عەسر بکەن ، وە یا لە پاش نوێژی مەغریب ئینتیزاری نوێــژی عیشا بکەن ··· بۆ ئەوە کە نوێژی ثانی هەم لە مزگەوتا بکەن ؛ چونکی خێری زۆرترە بە بیســتو حەوت دەرەجە لــە نوێژی خاریجی ، یاخود نوێژی دووەم بە جەماعەت بکا بۆ ئەوە وەکــو نوێژی یەکەمی بە جەماعەت بووە ئەم نوێژەیش هەر بە جەماعەت بێ بۆ ئەوە بە ثەوابی جەماعەتەکان بگات ·

وە لە فەزڵی (رباط)دا لەسەر مەعنای ئەووەڵ چــەن حەدیثی شەریف واریە بووە · ریوایــەتکراوە لە حەزرەتــی عوثمانی کوڕی عەففانەوە (خ) فەرموویەتی : بیستوومە لــە حەزرەت (د) ئەیفەرموو : (من رابط ليلة في سبيل الله كانت له

كألف ليلة صيامها وقيامها) واته : كەسێ یەك شەو لە حودوودو سنووری بەینی کافرانو موسوڵمانانا بمێنێتەوە لەبەر پارازتنی وڵاتی موسوڵمانان لەبەر رەزای خودا ئەوە ئەو مانەوەیە وەکو هەزار شەوە کە رۆژەکانیان بەڕۆژوو بێو شەوەکانیان نوێــژی کردبێ •

وە بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەهلی کوڕی سەعـــدی ساعیدییەوە کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (رباط يوم في سبيل الله خير عند الله من الدنيا وما فيها) •

وە لە صەحیحی موسلیمدا ریوایەت کراوە لە سەلمانەوە کـــە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (رباط يوم وليلة خير من صيام شهر وقيامه ، وان مات جرى عليه عمله الذي كان يعمله ، واجـــرى عليه رزقه ، وآمن الفتان • أي الشيطان) •

وە **وارید بووە لە فەزڵی** ریباط بە مەعنای دووەمدا حەدیثێ کە ئەبوو نەعیمی حافظ ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص ئەڵێ : شەوێ حەزرەت (د) پاش نوێـــژی مەغریب رۆییشتە ماڵەوە ، جا هەرکەسێ رۆییشتەوە بۆ ماڵـــی خۆی رۆییشت،وە هەرکەسێ مایەوە لە مزگەوت مایەوە• پاش ئەمە حەزرەت (د) لە ماڵ هاتەدەرەوە لە پێش ئەوەدا کە خەڵك نوێژی عیشا بکەن فەرمووی : موژدەتان لێ بێ ئەی موسوڵمانەکان خوای تەعالا دەرگایەکی لە دەرگاکانی ئاسمان کردووەتەوەو بە هـــۆی ئێوەوە فەخـــر ئەکا بەســـەر مەلائیکەتاناو ئەفەرموێت : ئـــەی

مەلائیکەکان بڕوانن بۆ ئـــەم عەبدانەم کـــە فەرزی نوێژیان کردووە ، وەلحاڵ چاوەڕێی نوێژی تر ئەکەن ٠

﴿ واتقُوا اللّهَ ﴾ :

ئەی موسوڵمانان لەهەر عیبادەتێکا ئەیکەن تەقوای خـودا بکەن ، واتە ئەو عیبادەتە بە ساغی بۆ خودای بکەن ٠

﴿ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحونَ ﴾ : (٢٠٠)

رجا هەیە رزگار ببن ٠٠

سورة النساء • مدنية وآياتها ١٧٦ • نزلت بعد سورة الممتحنة •

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

ئەم سوورەتە پیرۆزە لە مەدینەی مونەووەرەدا نازڵ بـووە ئیللا ئایەتێك کە لە ساڵی فەتحی مەککەدا نازڵ بووە لە شانـی عوثمانی کوڕی طەلحەی کلیلداری کەعبەی شەریفەدا کـــــە عیبارەتە لە : (ان الله یأمرکم أن تؤدوا الامانات الى اهلها •• الایة •)

بازێ فەرموویانە : (یا أیها الناس) لەهەر شوێنێکا نازڵ بوو ئەوە (مەککی) یە . کەوابێ ئەبێ ئەووەڵی ئەم سوورەتە مەککی بێو باقیەکەی مەدەنی بێ • بەلاّم راستەکەی ئەوەیەکە مەدەنی بێ : چونکی لە صەحیحی بوخاریدا ریوایەت ئەکا لــە (أم المومنین) عائیشەوە (خ) فەرموویەتی : (ما نزلت ســورة النساء الا وانا عند رسول الله ـص ـ) • واتە : سوورەتـــی نیساء نازڵ نەبوو ئیللا لەو کاتەدا کە من خانەوادەی پێغەمەر بووم (د) • وە مەعلوومە کە عائیشە لە مەدینەی مونەووەرەدا رۆییشتە خزمەتی حەزرەتو لەوێ گوێزرایەوە • وە ئەو قســە کە ئەڵێ (یا أیها الناس) لە هەر شوێنێ بێ ئەوە مەککی‌یە ••

تەواو نیە ؛ چونکی سوورەتی (بقره) مەدەنی‌یەو لە دوو شوێنا (یا أیها الناس) مەوجوودە تیایا ٠

﴿ یا أَیُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّکُمُ ﴾ :
ئەی ئادەمیزاد خۆتان بپارێزن لە عەزابو لە نافەرمانـــی پەروەردگاری خۆتان ٠

﴿ الَّذي خَلَقَکُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ ﴾ :
ئەو پەروەردگارە کە ئێوەی دروست کردووە لە یەك نەفسی تەنها کە ناوی ئادەمە ٠ بەو ئیعتیبارە کە بە تەنیا ئەو باوکـــی هەمووتانە ٠

﴿ وَخَلَقَ مِنْها زَوْجَها ﴾ :
وە دروستی کردووە لەو نەفسە تەنیایە هاوجووتەکەی کـــە عیبارەتە لە (حواء) ٠

﴿ وبَثَّ مِنْهُما رِجالاً کَثیراً وَنِساءً ﴾ :
وە بلاّوی کردەوە لەو دوو کەسە پیاوانێکی زۆرو ژنانێکی زۆر ٠

﴿ واتَّقُوا اللهَ الَّذي تَساءلون بِهِ والأَرْحامَ ﴾ :
وە لە خودا بترسن لە بارەی حوقووقی ناوتان : دەســــت درێژ مەکەن بە ناحەق بۆ حەقی کەس نە پیاو نە ژن ؛ چونکـــی ئێوە لە حەقووقا وەکو یەك وەهانە ٠ هەمووتان لە ئادەمو ئادەم لە گڵە ٠ ئەو خودایە کە هەموو هۆشیارێ دان ئەنێ بە وجوودیاو ئەڵێ هەیەو تەوانایە ، ئەو خودایەکـــە ئەوەندە گەورەیە لــــە لاتانا یەکێکتان داوای شتێ بکا لە یەکێکتان بە هۆی ناوی ئەوەوە

داوای ئەکا ، ئەڵێ : بۆ خاتری خوا ئەم شتەم بدەرێ ، ئەو قسە بکە ، ئەوە مەکە ، بۆ خاتری خوا خزمەتم بکە ، ئازارم مەدە ••• وە خۆتان بپارێزن لە بڕینی حوقووقی میهرەبانی پێویست لە ناو خزمانا ؛ چونکی بێجگە لەوە هەمووتان لەگەڵ هەموو کەسێکدا هاوڕشتەن‌و ئەڕۆنەوە سەر ئادەم لەگەڵ خزمەکانتانا نزیکترن‌و حوقووق لە ناوتانا زۆرە ، وە بڕینی رشتەی میهرەبانی خزمایەتی ئەبێ بە هۆی گەلێ ئازارو بێزاری تەنهایی‌و گشتی •

﴿ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾ : (١)

بە راستی خودا لە کاتێکەوە ئێوەی دروست کردووەو ئێوەی گەیاندووە بە پایەی داواو زیمەداری هەموو کاتێ نیگاهبان‌و ئاگادارەو تەماشاکاری وتارو کردوەتانەو هەموو کەم‌و زۆرێکتان حسێبی لەسەرە •

بزانن لەم مەقامەدا چەن شتێ هەیە :

یەکەم : لەبەر ئەوە کە ئەم سوورەتە گەلێ ئەحکامی تێدا هەیەو قەبووڵی ئەوانە زۆر زەحمەتە لەسەر نەفسی ئینسان خودا ئەم سوورەتەی دەس‌پێ‌کرد بە ئەمر بە تەقوای خودا ؛ چونکی ئینسان مادام تەقوای خودای بوو ئەتوانێ هەموو تەکلیفێ وەربگرێ ، ئەو ئەحکامانە وەکو ریعایەت‌و پارازتنی ماڵی هەتیوو پارازتنی حوقووقی مارەیی ، وەکو بەراوردکردنی حاڵی هەتیو لە پێش ئەوەدا کە ماڵەکەی بدرێتەوە دەستی ، وە دادگەری لە بەینی ژنانا بۆ کەسێ چەن ژنێ مارە بکا ، وەکو تەسلیم‌کردنی میراث بە خاوەن حەق لە کوڕو لە کچ • وە وەکو

ئەمرکردن بە تەھارەتو نوێژکردنو جەنگ لەگەڵ موشریکانا •
وە بە تایبەتی چونکی حوقووقی ژن زۆر باس ئەکرێ لـــەم سوورەتەداو ژنان لە موقابیلی براو مامو ئامۆزاوە زەعیـــفو بێدەستن ، هەروا لە موقابیلی مێردەوە غالبا داماون سوورەتەکە ناوبراوە بە (سوورەتی نیساء) •

دووەم : زانایانی دین ئیجماعیان بووە لەسەر ئەوە کـــە مەقسوود لە (نەفسی واحیدە) ئادەمە (د) ، وە مەقسوود لـــە هاوجووتەکەی حەوایە • وە حەوا دروستکراوە لە لەشی حەزرەتی ئادەمو پاش ئەوە کە خودا ئادەمی دروستکرد خەوی بەســـەرا هێنا ، وە لەو کاتەدا ئادەم لە خەودا بوو حەوای لە پەراسوویەکی چەپی حەزرەتی ئادەم دروست کرد ، کاتێ ئادەم لە خەو هەستاو چاوی کەوت بە حەوا ئولفەتی پێوەکرت • وە ئیستیدلالیـــان کردووە لەسەر ئەمە بە فەرموودەی حەزرەت (د) : (ان المرأة خلقت من ضلع اعوج . فان ذهبت تقيمها كسرتها ، وان تركتها وفيها عوج استمتعت بها) واتە : بە راستی ژن لە پەراسوویەکی لار دروستکراوە ئەگەر تۆ بتەوێ راستی بکەیتەوە ئەیشکێنی ، وە ئەگەر وازی لێبێنی بەو لارییەوە لەزەتی لێوەرئەگری •

سێهەم : لەفزی (والارحام) دەلالەت ئەکا لەسەر گەورەیی حەقی رەحمو حەقی رەحم وا لەگەڵ عیبادەتی خـــودای تەعالاو حوقووقی باوكو دایكدا ، خودا فەرموویەتی (واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئا وبالوالدين احسانا وبـذي القربـى واليتامـى والمساكين) • وە گەلێ حەدیثی پێغەمەر (د) واریدبوون لەســەر سیلەی رەحم لە حەدیثێکا فەرموویەتی : هیچ کارێ نیە کـــە

ئیتاعەی خودای پێکرابێ بە قەی سیلەی رەحم بۆ ئینسان ببێ بە هۆی ئەوە کە زووبەزو ئەوابەکەی دەست بکەوێ ، وە هیچ کارێك نیە کە عیصیانی خودای پێکرابێو زوو عەزابی لەسەر وارید ببێ وەکو بڕینی رەحمو سوێنی درۆ • وە حەزرەت فەرموویەتی : سەدەقەو سیلەی رەحم ئەبن بە هۆی زیادبوونی عومری ئینسانو پارازتنی خاوەنەکەیان لە مردنی ناهەموار • وە فەرموویەتی : گەورەترینی سەدەقات ئەوەیە کە سەرف بکرێ لە خزمێکدا زۆر دوژمنو نابار بێ •• ئەمانە هەموو دەلیلن بۆ شەرەفی سیلەی رەحم •

وە بزانن بە ئیتتیفاقی زانایانی ئیسلام سیلەی رەحم واجبەو ، قەتعی رەحم حەرامە • وە ثابتە کە ئەسماء لە پاش هیجرەت دایکی لە مەککەوە هات بۆ چاوپێکەوتنی ، جا ئەسماء هات عەزری حەزرەتی کرد : دایکم هاتووە بۆ دیدەنیمو هێشتا کافرە ئایا موبالاتی پێ بکەمو خزمەتی بکەم یا نە ؟ حەزرەت (د) فەرمووی : (نعم صلي أمك) : بەڵێ خزمەتی دایکت بکەو حورمەتی بگرە •

بە تایبەتی ئەو خزمانە کە بە هۆی سیلەی رەحمەوە هیوات ببێ روو بکەنە ئیتاعەی خوداو ئەخلاقیان باش ببێ • وە ئەم سیلەی رەحمە بە پێی کەسو رۆژو حاڵ ئەگۆڕێ ؛ بۆ باوكو دایكو بۆ ئەولاد لە کوڕو کچو کوڕەزاو کچەزا مادام ئینسان دەستی بڕواو ئەوان گەدا بن یا کاسبییان پێ نەکرێ واجبە مەسرەفیان بکێشێو بە قەی حاڵ ئیکرامیان بگرێ • خودا فەرموویەتی : (وان جاهداك على ان تشرك بي ماليس لك بە

علم فلا تطعهما وصاحبهما في الدنيا معروفا) · واتە ئەگــەر باوك‌و دایك هەولیان دا لەگەڵتا بۆ ئەوە شەریك بۆ خودا بڕیار بدەی ئەو حاڵە کە هەموو کەسێ‌و تۆیش ئەزانی درۆیەو عیلمت نیە بەوە کە راست بێ فەرمانیان وەرمەگرە ، بەڵام لە دنیادا بــە پیاوەتی لەگەڵیانا رابوێرە · یانی خزمەتیان بکەن ·

وە بۆ هەبری ئەسڵ‌و فەرع یانی بۆ حاشیە وەکو مام‌و خاڵ‌و پوورو ئەولادەکانیان ئەگەر گەدا بوون بە قەی ئیمکان یارمەتییان بدەو ئەحواڵیان بپرسە ، وە ئەگەر دوور بن نامەیان بۆ بنووسە یا سەلامیان بۆ رەوانە بکە ؛ چونکی دینی ئیسلام هاتووە بۆ ئیمان بە خودا بە ئیخلاص وە بۆ خزمەتکردنی موسوڵمانان بە قــەی دەسەڵات ، جا نەخوازەڵا کە خزم‌و نزیکی ئینسان بن ·

فەرموودەی خودا : (وآتو اليتامى اموالهم ···)

ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەت ئــەکا لــە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە (خ) : پیاوێ لە قەبیلەی (غطفان) برایەکی بوو مرد وە کوڕێك‌و ماڵێکی زۆری بەجێهێشت ، کاتێ کوڕەکە بالغ بوو داوای ماڵەکەی کردو داواکەیان هێنا بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە · کاتێ مامی کوڕەکە ئایەتەکــەی بیست وتی : (اطعنا الله ورسوله) ــ خودا بمانپارێزێ لــــە تاوانی ئابار ــ وە هەموو ماڵەکەی داوە بە برازاکەی ، جــــا حەزرەت (د) فەرمووی : هەرکەسێ بپارێزرێ لە بوخلی نەفسی خۆی‌و تەماعەی خودای خۆی بکات ئەڕواتە بەهەشتی خوداوە · جا ئەفەرموێت :

﴿ وآتُوا اليَتامىَ أَمْوالَهُمْ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان ، ئەی براو مامو خزمی هەتیوان ، ئەی فەرماندارانی رۆژ بدەنەوە بە دەستی ئەو کەسانەوە کــە زوو هەتیوو نابالغ بوونو ئێستە بالغو خاوەن هۆشنو روشـــدیان هەیە لەسەر حاڵو ماڵی خۆیان ٠٠ ئەو ماڵەیان کە لە لای خۆتان راگیرتان کردووە لەگەڵ هەموو بارەی ئەو ماڵە ٠

﴿ ولا تَتَبَدَّلوا الخَبيثَ بِالطَّيِّبِ ﴾ :

ماڵی پیسو بێ نرخو حەیوانی لاتی خۆتان مەکەن بە بەدەڵو تۆڵە بۆ ماڵی باشی ئەوان ؛ مەڕە باشەکانی ئەوان هەڵبگرن بــۆ خۆتانو مەڕێکی لاوازی بێ خێر بدەن بەوان ، یاخود ماڵی پیسی حەرامی ئەوان وەرمەگرنو ماڵی حەلاڵی پاکی خۆتان بـــدەن بەوان ٠

﴿ وَلا تَأْكُلوا أَمْوالَهُمْ إِلى أَمْوالِكُمْ ﴾ :

ماڵی ئەو هەتیوانە مەخۆن لەگەڵ ماڵەکەی خۆتانا واتە بــە بەهانەی دینارێ لە ماڵی خۆتان دوو دینار لە ماڵی ئەوان بخۆن ، واتە کاتێ مەسرەفتان کرد نیسبەت رابگرن ، ئێوە کە چوار سەر خێزانن چوار دینار سەرف ئەکەن با لە ماڵی ئەو هەتیوە تاقــە دینارێکی تێدابێ وە زیانیان لێ مەدەن ٠

﴿ إِنَّهُ كان حُوباً كَبيراً ﴾ : (٢)

ئەم خواردنی ماڵی هەتیوە تاوانێکی گەورەیە بەهـــەر شێوەیێ بێ ٠

لەو ولاتەدا کە هەتیو هەیەو ماڵی هەیە ئەگەر حاکمــــی

هەرعی عادلی تێدا ببێ باشتر ئەوەیە کە بە حسێبێکی راست ماڵی هەتیوەکان ـ هەرچەن هەیە ـ وەربگیرێو لە مەخزەنێکی ئەمینا لەسەر دەفتەر هەڵبگیرێ • جا ئەگەر تیجارەتێکی شەرعی بــوو ئەوە دروستە کە قازی ئەو ماڵە بخاتە تیجارەتەوە بە مەسڵەحەت، ئەگەرنا ماڵەکە رابگرێ وەکو خۆی مەسـرەفی لــێ بکا بــۆ هەتیوەکانو کاتێ باڵغ بوون تەسلیمیان بکاتەوە • ئەگەر لــەو وڵاتەدا قازی نیە پێویستە ئەهلی شوعووری ئەو شوێنە کەســێ بکەن بە چاودێری ئەو ماڵی هەتیوانە واتە بیدەنە دەستی کەسێکی ئەمین کە بەخێویان بکاو مەسرەفی لێ بکا بــۆ هەتیوەکان ، جا ئەگەر هەتیوەکان دایکیان بوو وە شووی نەدەکردو خاوەن روشد بوو ماڵەکە بە حسێب بدرێتە دەستی دایکەکەیانو لە خاریجیشەوە کەسێ دابنێن تەماشایان بکاو یارمەتی دایکەکەیان بدا لەهــەر کارێکدا پێویست بێ •

وە ئەگەر دایکیان نەبوو لەم کاتەدا ئەگەر برایەکـــی موسوڵمان وە یــا مامەیەکی موسوڵمانیــان ببــێ هەم بە حسێب بەشی منداڵەکان بدرێتە دەستیان بەخێوی بکەنو مەســـرەفی منداڵەکانی لێ بکەن تا گەورە ئەبن ، جا ئەگەر لە پاشا مایەوە تەسلیمیان بکەنەوە •

لەم صوورەتەدا کە ماڵەکەیان لە لای برآ یا لە لای مامــە مەصلەحەت وایە هەر ماڵێ لەوانەیە زایە ببێ وەکو فەرشێکـــی کۆن یا حەیوانێکی لاواز یا کاسەو کەوچکێ کە دەوام نـــەکا بیان‌فرۆشنو سەرفی بکەن بۆ منداڵەکان ، هەروا باش وایــە کابرای خاوەن هەتیو لە غەیری ئەو ماڵە تۆمێ پەیدا بکاو بیکا بە

مایەی فەلاحەت‌و کشت‌وکاڵ ، جا هەر ئەندازەیێ لەو بەرەجووتە سەرف ئەکرێ بەشی هەتیوەکان حسێب بکا بە قەی ئەوە لە ماڵی هەتیوەکان هەڵبگرێ لە تۆڵەی ئەوا • وە ئەمما ئەوە کە ئیستە لە بازێ شوێنا ئەیکەن کە ماڵی هەتیوەکان ئەدەن بە برای گەورە یا بە مامە بە قەرز یانی ئەیفرۆشن بەو شەخسەو لە پارەی ئەو ماڵە مەسرەف ئەکا بۆ منداڵەکان ئەمە زۆر ستەمەو سوودی تیا نیە بۆ منداڵەکان‌و واجبە تەرکی بکەن لەبەر چەن دەلیل :

یەکەم : فرۆشتنی ماڵی هەتیو بە قەرز دروست نیە ئیللا لەبەر مەسلەحتێکی دیاری وەکو ئەوە کاتێ ئاشووب‌و تالان بێتە پێشەوەو ئەگەر ئەو ماڵە نەدرێ بەقەرز بە تالان بڕوا ، وە مادام ئەو مەسلەحەتە نەبوو پێویستە رەهن وەربگیرێ لە باقی ئەو قەرزە ، وە لەم صوورەتانەدا ئەم ماڵی هەتیوە ئەدەن بە قەرز ئەو مەسلەحەتانە وجوودیان نیەو رەهن وەرناگیرێ‌و ئەو براگەورە یا ئەو مامە ئەو ماڵەی پێ‌ئەفرۆشن بە قەرز لە ئەساسا پیاوی نوێژکەر یا خاوەن روشد نیەو ئەگەر وایش بێ ئەو ئەمانەتەی نیە کە ئەو قەرزە بداتەوە بە منداڵەکان •

دووهەم : ئەو هەتیوانە ـ کوڕو کچ ـ لە شەش ساڵ بەرەوژوور ئەو برا یا ئەو مامە دائیما ئیشیان پێ‌ئەکاو لە کشت‌وکاڵ‌و حەیوانداری‌دا بەکاریان دێنێ بە نەوعێ کە ئەوەندە خۆیان ئەیخۆن‌و زیاتر لەوە کرێیان ئەکەوێ ئیتر پێویست نیە بەوە کە لەو ماڵی خۆیانە مەسرەفیان بۆ بکرێ ، وە ئەمەی کە من وتم لەگەڵێ شوێنا بە تەواوی راستە •

سێهەم : حەیوان ، وەکو ئەڕو بزن‌و مانگاو ماین ،

مانەوەیان لە کوردستانا گەلێ بەسوودە ؛ وا ئەبێ لــە ماوەی دە ساڵدا لە زاووزێی ئەو حەیوانانە گەلەیێ ئەکەوێتەوەو کاتــێ منداڵەکان باڵغ بوون تەسادوفی دارایی‌و ماڵێکی زۆر ئەکەن کە زۆر سوودیان لێ وەرئەگرن‌و، لە فرۆشتنی ماڵەکەیانا کاتێ باڵغ ئەبن وەکو داری دەست وەها رووت‌و بێ‌مایەو ماڵن‌و ئەم حاڵــە ئەبێ بە هۆی بەدبەختی ئەو هەتیوانە ٠

چوارەم : ئەم نەوعە موعامەلە بۆ ئەنجام ئەبێ بە هـــۆی فیتنەو ئاشووب لە بەینی ئەو هەتیوانەدا لەگەڵ براکەیانا یـــا مامۆکەیانا کاتێ کە خۆیان بە رووتی‌و داماوی ئەبینن خەڵکــی ئامۆژگارییان ئەکەن ، پێیــان ئەڵێن : ماڵێکــی زۆرتــان بووو براکەتان خواردی وە ئاشووب پەیدا ئەبێ‌و گەلێ جار کوشتن‌و شەڕە قسە لە بەینا ئەبێ ئەویش حەرامەو هەرچی سەربکێشێ بۆ حەرام حەرامە ٠

بەهەر حاڵ ئەگەر حاکمی شەرع ماڵەکە وەربگرێ‌و لــــە دائیرەی ئەیتاما دایبنێ ئەوە بە هەر جۆر بێ مـــومکینە (رأس المال)ەکەیان بۆ سەرف بکرێ ، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ مانەوەی ماڵەکەیان وەکو خۆی لە هەموو صوورەتێ ئەهوەنترەو ئەمە بــە صوورەتی راستی بەراورد کراوە وەهایە ٠ وە لە صوورەتێکــا ماڵی هەتیوەکان تێکەڵی ماڵی براو مامی بێ بەو نەوعە باسمان کرد زۆر باشترە ٠

بێجگە لەمانە جاربەجارێ بازە موسوڵمانێ سێ‌یەکی ماڵــی ئەکا بە خێری گیانی خۆی ئەگەر یەکێ لێی بخــوا ٠٠ ئەوەیش مەقسوودی کابرا ئەوە نیـــە ئەو سێ‌یەکە لــــە پاش مردنیــا

جیابکرێتەوەو خەڵك ئیستیفادەی لێ بکا ، بەڵکو مەقسەد ئەوەیە هەتاماڵی ئەو کابرا ئەمێنێ موسوڵمانان کاتێ رێکەوت چوونە ماڵی ئەولادەکانی لەو ماڵە بخۆنو خێری کابرا نەبڕێ ٠

فەرموودەی خودا : (وان خفتم الا تقسطوا) :

بوخاریو موسلیم (خ) ریوایەتیان کردووە لـــە عورووەی کوڕی زوبەیر (خ) عورووە ئەڵێ : پرسیارم کرد لە پوورم عائیشە (خ) لەم ئایەتە ئەویش فەرمووی : هاتەخوارەوەلە شانی کچانی بێ باوکدا کە لای حەقداریان بوونو ئەو حەقدارە لەبەر ماڵـی کچەکە یا لەبەر جوانی مارەی ئەکرد بۆ خۆی ، بەڵام ئەوەندە کە عادەتە مارەیی بۆ دانەئەنا وە ئەگەر شتێکی بۆ دابنایێ پێـــی نەئەدا جا خودا مەنعی کردن لە مارەکردنی ئەم کچانە مەگـــەر وەکو ژنانی تر مارەییو حوقووقیان بۆ دابنێن ٠ وە خـــودا فەرمووی : بڕۆن لە ژنانی تر مارە بکەنو فەرمووی :

﴿ وَاِنْ خِفْتُمْ اَلاَّ تُقْسِطوا في اليَتامَى ﴾ :

ئەگەر ترستان بوو لەوە عەدالەت نەکەن لە میقـــداری مارەیی ئەو کچە هەتیوانە کە وان لە ئیدارەتانا ٠

﴿ فَانْكِحوا ما طابَ لَكُمْ مِنَ النِّساءِ ﴾ :

بڕۆن مارە ببڕن ئەوەی کە موناسبو جوانە لە بەر چاوتانا لە ژنان ٠

﴿ مَثْنى وثُلثَ ورُباع ﴾ :

خوا دوو دوو ژن مارە بکەن یا سێ سێ یا چوار چوار ، بۆ ئەوە کە لە ستەمکردن لە کچە هەتیو دووربکەونەوە ، بەم مەرجە

که بتوانن عەداڵەت بەجێبێنن لە بەینی ئەم ژنانەدا لە مانەوە لە لایاندا بە یاسای شەرع ؛ چونکی ئەگەر عەدالەت نەکەن لــــە ناویانا لە مارەکردنی ئەمانەیشا تووشی تاوان ئەبن وەکو لـــە مارەکردنی هەتیووەکانا •

﴿ فَاِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلوا فَواحِدَةً أوْ ما مَلَكَتْ أيْمانُكُمْ ﴾ :

ئەگەر بیمتان بوو لەوە عەدالەت نەکەن لە ناو ئەم ژنانەدا ئەوە ژن بێنن ، وە یا لەزەت وەربگرن لەو جارییانە کە بوون بە موڵکتان ؛ چونکی لە جاریەدا قەسم واجب نیە ، وە لەبەر ئەوە کە موڵکن ئەتوانن بە هەموو نەوعێ تەسەڕڕوفیان تیا بکەن •

﴿ ذَلِكَ أَدْنى أَلاَّ تَعولُوا ﴾ : (٣)

ئیختیاری یەك ژن یاخود کڕینی جارییە بۆ لەزەت وەرگرتن نزیکترە لە ستەم نەکردن لە بەینی ژنانا • وە یاخود مەعنـــای ئایەتەکە وایە ئەگەر ئێوە ترستان هەیە لەوە کـــە لە هـــۆی هەتیوانەوە گیرۆدەی تاوان ببنو ماڵیان بخۆنو لە ترسی ئەمــە هەتیو ناگرنە خۆتان ، دەی لە خوصووصی ژمارەی ژنانیشەوە لە خودا بترسن ، وە یاسای زەمانی نەزانین تەرك بکەن کە بە بــێ حسێب ژن مارە بکەنو سەرگەردانیان بکەن لە بابەتی بـــێ ئیدارەییو موبالاتنەکردن پێیان ، وە مارەبکەن لەو ژنانە کەوا پاکنو موناسبی ئێوەن یا دوو دوو یا سێ سێو چوار چوار ، وە لە چوار ژن زیاتر مارە مەکەن با تووشی فیتنەو تاوان نەبـن • ئەم کورتەهەڵهێنان لەسەر عەدەدی مـەحـدوودە نزیکترە لـــە

عەدالەتکارییەوە لەوە کە(مقید) نەبن بە ژمارەوە وەکو زەمانی جاهیلییەت • وە ئەم مەعنای دووهەمە لەسەر ریوایەتی سەعیدی کوڕی جوبەیرە کە فەرموویەتی : موسونمەنەکان دووریان ئەگرت لە وەرگرتنی هەتیوو مانی هەتیو لە ترسی تاوانباری ، جـــا خودایش فەرمووی : دەی وەکو ئەم هۆوە بە خودا ئەترسن لـــە هۆی ژنی زۆریشەوە لە خودا بترسن‌و ئەوەندە ژن بێنن کـــە بتوانن تەماشای عەدالەتی شەرعییە بکەن تیایانا ئە ئاخر پایەی چوارە ، وە ئەگەر ترسی ستەمتان بوو هەر یەك ژن مارە بکەن •

فەرمودەی خودا (وآتوا النساء صدقاتهن) :

ئیبن‌و ئەبی حاتەم‌و ئیبن‌ولمونزیر ریوایەت ئەکەن ئەڵێـــن : عادەت وابوو کاتێ پیاوێ کچی خۆی ئەدا بە شوو هەموو مارەیی کچەکەی وەرئەگرت‌و نەیئەدا بە کچەکەی • جا خودا نەهی کرد لەم رەفتارە نابارەو فەرمووی :

﴿ وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً ﴾ :

بدەن بە ژنان مارەییەکەیان کە بەشێکە خودا بۆی داناوە‌و غەدریان لێ مەکەن بە زۆری دەس یا بە زۆری روو لێیـــــان مەستێنن ، حەقی خۆیانە خودا پێیداون ، ئەگەر ئێوە کچەکانتان بەخێو کردووە ئەوانیش لە عومری شەش حەوت سالییەوە هەتا کاتێ شوو ئەکەن رەنج ئەدەن‌و چەن قاتی سەرفی خۆیان کـــار ئەکەن •

﴿ فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا ﴾ : (٤)

وه ئەگەر بە خۆشی دڵو ئارەزووی خۆیان دەستبەردار بوون لە شتێ لەو مارەییەو پێیاندان وەری بگرنو بیخۆن وەکـــــو خواردەمەنیەکی گەوارا ٠

ئەمە تا ئێستە لەسەر ئەوە رۆییشتین ئایەتەکە خیتاب بێ لەگەڵ باوكو برای ژنەکەدا ٠ وە ئەگەر خیطاب بێ لەگـــــەڵ مێردەکانیانا وەکو سیاقی ئایەتە پێشووەکانە ئەوە ئەفەرموێت : ئەی موسوڵمانەکان کاتێ ژنتان مارە کرد ئەوە مارەییەکەیـــان پێ‌بدەن وەکو خودا پێی‌داون ، یا پێیان بدەن بە پیاوەتی وەکو کەرەمێو بەخششێ بدەن بە یەکێ ، وە مارییەکەیان مەخۆنو مەنعی مەکەن ، حەقی خۆیانە ، بەڵێ ئەگەر بە ئارەزووی دڵ شتێکیان لەو مارەییە دا بە ئێوە بیخۆن عافییەتتان بێ ٠

بێداربن ! لەوەدا کە خوا ئەفەرمـــوێ (عن شـــیء منه) دەرئەکەوێ کە سەرفی نەزەری ژن بە نیسبەت جوزئێ لــــــە مارەییەکە مەسموحە ئەگەرنا سەرفی هەموو مارەییەکەیـــــان مەعنای نیە ، ئەگەر ئەوانیش سەرفی نەزەر بکەن ئێوە قوبووڵی مەکەن ٠

بە راستی خودا (رب العالمین)ەو نیسبەت بە هەموو کەسێ نەوعێ میهرەبانی هەیەو حوقووقی ژنی داناوە بە یەکێ لــــــە حوقووقە بە نرخەکان ، بەڵام ئادەمیزاد بەدبەختو سەرسەختن ، نە باوكو نە برا نە مامۆ نە ئامۆزای ژن تەماشای حوقووقی ژن بە تەواوی ناکەن ، وە موعامەلە ئەکەن لەگەڵ ژنا ـ بە تایبەتی لە کەژو کێوو لــە دێهاتی عەشایەریدا ـ وەکو ئینسانێکی بێ رەحم، وە مێردی ژنەکانیش هەر بە قەساوەت رەفتار ئەکـــەن لەگەڵ

ژنەکانا ، بە تایبەتی قەزییەی ژنبەژن ئەوەنـــــدە مەرارەتو میحنەتی تیا هەیە بۆ ژنەکان کە ویجدانی ئادەمیزاد برینـــدار ئەکا •

فەرموودەی خودا : (ولا تؤتوا السفهاء الآيات ••)

هاتوونەتە خوارەوە لە شانی ثابیتی کوڕی ریفاعەو لـــە مامەکەیا ؛ کاتێ کە ریفاعە وەفاتی کرد ثابیتی کوڕی منـــداڵ بوو ، جا مامی ثابیت چوو بۆ حوزووری پێغەمـــەر (د) عەرزی کرد : ئەم برازامە هەتیوەو لە لای منە چی حەلاڵە بۆ من لە ماڵی ئەم کوڕەو کەی ماڵەکەی پێ بدەمەوە ؟

وە ریوایەت کراوە لە عائیشەوە (خ) کە : نازڵ بوون لـــە شانی هەموو حەقدارێکی هەتیوا بە شێوەی گشتی • دەفەرموێ :

﴿ وَلا تُؤْتوا السُّفَهاءَ أَموالَكُمُ الّتي جَعَـلَ اللهُ لَكُمْ قياماً ﴾ :

واتە : ئەی خاوەن کاران مەدەن بەو سەفیهانە کە وان لـــە ژێر دەستانا ئەو داراییە کە وا لە دەستتانا ، ئەوەی کە خـــودا راوەستانو مانەوەی ئێوەی بەستووە پێیەوە •

﴿ وارْزُقوهُمْ فيها واكْسُوهُمْ ﴾ :

وە رۆزی ئەوانە بدەن لەو داراییەداو بەرگئو پۆشـــاکیان بۆ بکەن •

﴿ وقولوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْروفاً ﴾ : (٥)

وە قسەی وایان بۆ بکەن دڵیان خۆش بکا ، واتە : بـــە رووگرژیو زمانـــی تاڵ دڵیان ئازار مەدەن ، بـــەڵکو وەهـــا

بیان‌دوێنن که چاویان بکه‌نه‌وه بۆ ته‌ماشای جیهان‌و دڵیان رووناك بکه‌نه‌وه بۆ فامی رازی نیهان • به راستی حه‌قداریێو خـــاوه‌ن کاریێ هۆشیار بێ ئه‌بێ وتاری عاده‌تی له‌گه‌ڵ منداڵ‌و ورده‌واڵه‌دا وه‌کو ده‌رز وابێ‌و رۆژ به رۆژ پایه‌ی ئه‌وانه به‌رز بکاته‌وه هه‌تا له رێگه‌ی ژیانی خۆیان تێبگه‌ن‌و بـۆ به‌خێوکردنی نه‌ته‌وه‌یش پێ‌بگه‌ن •

بزانن ! سه‌فیه له زمانی عه‌ره‌با : یانی که‌م‌هۆش ، وه لـه عورفی دینا : به که‌سێ ئه‌ڵێن که مه‌سڵه‌حه‌تی خـــۆی نه‌زانێ‌و کارسازی نه‌توانێ بکـــا • بـــه‌ڵام پێشه‌واکان بازێکیـــان ئـــه‌و کارسازییه توند ئه‌گرن‌و ئه‌ڵێن : (سه‌فیه) دژی (ره‌شـــید)ه وه‌کو (سفه) دژی (رشد)ه‌و روشد بریتیه له کارسازی دین‌و دنیا ، واته ئاگادار بێ له یاسای دینی خۆی به قه‌ی پێویستـــی خۆی‌و ره‌فتاریشی پێ بکا ، وه ئاگاداریش بێ له یاسای دنیـــاو ژیواری خۆی وه له سه‌ر ئه‌و یاسا بڕوا به رێدا •

جا له‌سه‌ر ئه‌م شێوه ئینسانی شێت سه‌فیهه‌و که‌سێ باڵـــغ بووبێ‌و ته‌مه‌نی گه‌یشتبێ به پازده ساڵه‌و ئیشی دینی خۆی یـــا دنیای خۆی نه‌زانێ ، یا بیزانێ‌و ره‌فتاری پێ نه‌کا •• ئه‌مه‌یش سه‌فیهه • وه ئه‌و مه‌نعی ته‌سه‌ڕوفه که له کاتی منداڵیدا به‌سه‌ریا چووه هه‌ر ئه‌مێنێته‌وه هه‌تا وای لێ‌دێ که روشد په‌یدا ئه‌کا ، وه له هه‌ردوو جانیبدا باش پێ ئه‌گا • به‌ڵێ ئه‌گه‌ر ئه‌و منداڵه کـــه له ئیداره‌ی حه‌قدارا نه‌بێ هه‌روا خۆی بۆ خۆی بژی ئه‌وه لـــه پاش بلووغدا موعامه‌له‌ی دروسته ؛ چونکی نازانین به چی حاڵێ باڵغ بووه وه ئه‌سڵ له که‌سێکدا که له ژێر ده‌ستی حه‌قدارا نه‌بێ

ئەوەیە رەشید بێ وەکو لە کتێبی نیهایەی رەمەلیدا بەیانی ئەکا •

وە بازێ لە پێشەواکانی دین لەسەر ئەوەن کە رەشید ئەوەیە کارسازیی دنیای خۆی بزانێو بیکا • یانی : روشد صەلاحی ماڵەو بەس • واتە کارسازی دینی لە مەعنای روشدا نیە • لەسەر ئەم شێوە کار ئاسانترە • لەبەر ئەوە هەر کەسێ بە قەی حاڵ دنیای خۆی رائەگرێو تەماشای ئەکا • وە ئەم جۆرە کەسە لەسەر ئەم فەرموودەیە موعامەلەیان دروستەو بە رەشید ئەناسرێن •

هەروا ئەگەر کەسێ بە رەشیدی باڵغ ببێو پاش ماوەیێ دەست بکا بە تەبزیرو ئیسراف ، واتە ماڵی خۆی بێ سوود زایە بکا ، ئەوە مادام قازی مەنعی نەکا لە موعامەلە کردن پێی ئەڵێن : سەفیهی موهمەلو موعامەلەی ئەمەیش دروستە •

﴿ وابْتَلُوا اليَتَامى ﴾ :

بەراوردی حاڵی هەتیوەکان بکەن لە پێش بلووغا ؛ بزانن ئایا صەلاحی حاڵو ماڵیان هەیە یا نە ؟

﴿ حتَّى إذا بَلَغُوا النِّكاحَ ، فَإنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْداً فَادْفَعُوا إلَيْهِمْ أمْوالَهُمْ ﴾ :

بۆ ئەوە کاتێ گەیشتن بە وادەی بلووغ ، کە وەختی ژنهێنانو شووکردنیانە ئەگەر لەو کاتەدا دەرکی روشدو کارسازیتان لێکردن هەر ماڵێکیان وا لە دەستانا پێیان بدەنەوە •

﴿ وَلا تَأْكُلُوها إسْرافاً ﴾ :

وه ماڵی ئەو هەتیوانە مەخۆن بە زیادەڕەوی لەو ئەندازەیە کە حەقی خۆتانە ٠

﴿ وبِداراً أَنْ يَكْبَرُوا ﴾ :

وە بە پەلەپەلکردن لە ترسی ئەوە کە منداڵەکان گـــەورە بینو ماڵەکەیان ببەنەوە ٠

﴿ وَمَنْ كانَ غَنِيّاً فَلْيَسْتَعْفِفْ ﴾ :

وه هەرکەسێ لە ئێوە دەوڵەمەند بێ با خۆی دوور بگرێ لە ماڵی ئەو هەتیوانە ، با هەموو خزمەتەکەی ببێ بە هۆی ئەجری قیامەت بۆی ٠

﴿ وَمَنْ كانَ فَقيراً فَلْيَأكُلْ بِالمَعْروفِ ﴾ :

وه هەرکەسێکیش کە موحتاجەو گەدایە با لەو ماڵە بخوا بە شێوەیێ کە یاسا بێ لە دینا ، واتە بە قەی ئیحتیاجییەکەیو بـە قەی ئوجرەی خزمەتەکەی ٠

﴿ فَاِذا دَفَعْتُمْ اِلَيْهِمْ اَمْوالَهُمْ فَأَشْـــهِدُوا عَلَيْهِمْ ﴾ :

وه کاتێ کە ماڵەکەتان داوە بەو هەتیوانە کە ئێستە باڵغو خاوەن ڕوشدو شوعوورن شاهیدیان لەسەر بگرنو ئاگادار بـن لەســەر ئـەندازەو چلۆنیەتی ماڵەکەیـان نەکـا سبەینـــێ داوای ماڵەکەتان لێبکەنو بڵێن وەرمان نەگرتووەتەوە لێتان ، وە یاخود داوای ئەوە بکەن کە ماڵی پەرپووتو بێنرخیـــان وەرگرتووە لێتان یا کەمتر لەوەیان وەرگرتووە کە لە دەستانـا بووە ٠ وە ئەم یاسایە بۆ ئەوە دامەزراوە کە بە زاهیر داواتـان

لەسەر قەید نەکەنو ئازارتان نەدەن نەك بۆ رزگارییە لە عیقابو ئازاری خودا ٠

﴿ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا ﴾ : (٦)

وە خودا خۆی بەسە بۆ موحاسیبی لەسەر ئێوەو ئەگـــەر خەیانەتێکتن لەو ماڵەدا کردبێ هەرچەن بە زاهیر تووشی ئازاری حاکم نەبن بەڵام خودای تەعالا ئازارو عیقابتان ئەدا ٠

ئەرموودەی خودا (للرجال نصیب ٠٠٠ الايات) :

ئەوسی کوڕی ثابیتی ئەنصاری وەفاتی کرد ژنێ وە ســێ کچی لــەو ژنــە بەجێهێشــتو دوو ئامۆزای بوون (سوید) و (عرفجه) . وە ئەم دوو کەسە وەصیو عەصەبەی بوون هاتـــن هەموو ماڵەکەیان بردو هیچیان لێ نەدا بە ژنەکەیو کچەکانیو یاسای جاهیلییەت وابوو میراتیان نەئەدا بە ژنو کوڕی بچووكو تەنیا بە پیاویان ئەداو ئەیانوت : ماڵ نادرێ ئیللا بە کەسێ کە جەنگ بکا لەسەر پشتی ئەسپو تالاّن بگرێ ! جا ژنەکـــەی ئەوس هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزی کرد : یا رەسوولەڵلا ئەوس مردووە سێ کچی بەسەرما بەجێهێشتووەو منیش ژنـــی ئەومو هیچم نەلا نیە بۆ خەرجیی ئەم کچانەو باوکیشیان ماڵێکی باشی بەجێهێشتووە هەمووی وا لە لای (سوید) و (عرفجة) هیچیان لەو ماڵە نەداوە نە بە منو نە بەم کچانە !

جا حەزرەت (د) بانگی کردن ئەوانیش عەرزیان کرد : یا رەسوولەڵلا ئەولادی ئەم ژنە نە سواری ئەسپ ئەبنو نە زەحمەتی کەسێ هەڵئەگرنو نە زیانێ ئەدەن لە دوژمن ! جا خودای تەعالا

ئەم ئایەتانەی نازڵ کرد • (للرجال نصیب) وە بە راستی ئەوەی گەیاند کە میراث خاص نیە بە نێرینەوەو بە پیـاوی گەورەوە ، بەڵکو کوڕو کچ شەریکن تیایـا گـەورە بن یا بچـووك • جـا حەزرەت (د) جوابی نارد بۆ لای (سوید) و (عرفجة) کە لــە ماڵی ئەوس هیچ بلاونەکەنەوە ؛ چونکی خودای تەعالا بەشـی داناوە بۆ ژنەکەیی‌و بۆ کچەکانی‌و رۆشنی نەکردووەتـــەوە چەندێکە ، هەتا چاوەڕێ ئەکەم بۆ ئەوەی ئەی‌نێرێتە خوارەوە • جا خودای تەعالا ناردیە خوارەوە : (یوصیکم الله في أولادکم) •

جا کاتێ ئەمە نازڵ بوو حەزرەت ناردی بە شوێنی (سوید)و (عرفجة) دا کە هەشت‌یەکی ماڵی ئەوس بدەن بە ژنەکەی‌و دوو (ثلث)یش بدەن بە کچەکانی‌و چی مایەوە بۆ ئێوە ئەبێ •

وە ئیمامی ترمذی‌و ئەحمەدو ئەبوداود ریوایەتیان کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە : کە ژنی سەعدی کوڕی رەبیـــع هات بۆ لای حەزرەت (د) عەرزی کرد : یا رەسوولەڵلا ئەم دوانە کچی سەعدی کوڕی رەبیعن باوکیان لەگەڵ تۆدا لە ئوحـــودا شەهید بووەو مامی ئەم کچانە ماڵەکەی بردووەو هیچی بەجـێ نەهێشتووە بۆیان‌و مەعلوومە کە شوو ناکەن ئیللا ئـــەبـێ ماڵێکیان پێ بێ • جا حەزرەت فەرمووی : خودا حوکم ئەکا لەم ماڵەدا،جا ئەم دوو ئایەتەی میرات هاتنەخوارەوەو حەزرەت ناردی بە شوێنی مامەکەیانا هات‌و حەزرەت فەرمووی : هەشت‌یەکی ئەو ماڵی سەعدە بدە بە ژنەکەی‌و دوو ثولثیشی بدە بەم دوو کچەیی‌و هەرچی مایەوە بۆ تۆیە •

وه بوخاری‌و موسلیم‌و غه‌یری ئه‌وانیش ریوایه‌تیان کردووه له‌جابیری کوڕی عه‌بدوڵلاوه ئه‌ڵێ : حه‌زره‌ت هات بۆ عه‌یاده‌تم له‌گه‌ڵ ئه‌بوبه‌کردا له ناو (بني سلمة)دا به پێ ئه‌هاتن گه‌ییشتنه لام ته‌ماشای کرد بێ‌هۆشم ، ئه‌مری کـــــرد ئاویان هێناو خۆی ده‌ستنوێژی گرت جا له‌و ئاوه‌ی پرژان له من‌و من ئیفاقه‌م بۆ هات‌و وتم : یا ره‌سووله‌ڵلا چی بکه‌م به‌م ماڵه‌م ؟ جا دوو ئایه‌ته‌ی میرات هاتنه‌خواره‌وه · (یوصیکم الله في أولادکم ـ هه‌تا ـ والله علیـم حلیم) فه‌رمووی :

﴿ للرِّجالِ نَصیـبٌ مِمَّـــا تَـــرَكَ الوالِــدانِ والأقْرَبونَ ﴾ :

له بۆ ئاده‌میزادی نێرینه به‌شێ هه‌یه له‌وه‌ی باوك‌و دایـك‌و خزمان به‌جێیان هێشتووه بۆیان ·

﴿ وَللنِّســـاءِ نَصیبٌ مِمَّا تَرَكَ الوالِــدانِ والأقْرَبون ﴾ :

هه‌روا بۆ مێینه‌یش به‌شێ هه‌یه له‌وه‌ی که باوك‌و دایـك‌و خزمانی نزیکیان به‌جێیان هێشتووه بۆیان ·

﴿ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أوْ كَثُرَ ﴾ :

له‌وه که‌م بێ یا زۆر له‌و میراته که به‌جێ‌ماوه ·

﴿ نَصیباً مَفْرُوضاً ﴾ : (٧)

وه حاڵی ئه‌م به‌شه وایه به‌شێکه خودا بڕیاری داوه بۆیان‌و به ئیختیاری ئه‌وان نیه وه‌ری بگرن یا وه‌ری نه‌گرن ماڵـــی

ئەوانە [1].

﴿ وإذا حَضَرَ القِسْمَةَ أُولُوا القُرْبى والْيَتامـــى والمَساكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْــهُ وقُولــوا لَهُـــم قَولاً مَعْرُوفاً ﴾ : (٨)

كاتێ کە حازری بەشکردنی میرات بوو خزمانی مردووەکـە لەوانە کە بەشیان نیە لە میراتەکەدا یا مندالانی هەتیوو داماو یا ئینسانی بێ چیز ئەوە لەو میراتە بەشیان بدەنو قسەی باشیان لەگەلا بکەن • ئەم ئەمرە بۆ میراتبەری بالغی خاوەن روشدە ، ئەنا ئەگەر میراتبەر نابالغ بێ یا بالغی بێ روشد بێ ئەوە دروست نیە بە کەمو زۆر دەست لەو بەشی ئەوانە بدرێ • وە ئەم حوکمە لە لای بازێ لە ئیمامەکان مەنسووخەو رەفتاری پێ ناکرێ ، وە لەلای بازێکیان موحکەمو ثابتە • قەتادە ریوایەتی کردووە لە یەحیای کوڕی یەعمورەوە فەرموویەتی : سێ ئایەت هەن لـــە موحکەماتن بەلام خەلك رەفتاریان پێ ناکەن ؛ ئـــەم ئایەتەو ، ئایەتی داوای ئیزن بۆ چوونەمالی خەلك (يا أيها الذين آمنوا ليستأذنكم الذين ملكت أيمانكم) ، وە ئایەتی (يا أيها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثى) • وە ئەو رزقە کە لەم ئایەتەدا هەیـە ئەوەیە خواردەمەنیەکیان بۆ ئامادە بکرێ بیخۆنو قسە باشەکەیش

---

(١) بۆ زیادەئاگاداری لە باسی میراتومیراتگرو بەشەکانی میراتو جۆرو شێوەی خاوەن بەشەکان تەماشای بەرگی سێهەمـی (شەریعەتی ئیسلام) بکە •

وەکو ئەوە پێیان بڵێن : یا خوا عافیەتتان بێ ، ئەگەر مەجالمان ببوایێ زیاتر خزمەتمان ئەکردن • وهکذا •

﴿ وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ ﴾ :

با لە خودا بترسن ئەو میراتبەرانە کە ئەگەر خۆیان لە مردنا بوونایێو منداڵی وردیان بەجێ بهێشتایە ئەترسان لەوە کە مناڵەکان بفەوتێنو زایە ببن • با لە خودا بترسن کاتێ چاویان کەوت بەم هەتیوو مندالانەو ئەم گەدایانە کە حازر بوون وە تەماشای ئەوانە بکەن وەکو منداڵی خۆیان کە لە پاش مردنی باوکیان بکەونە دەران •

﴿ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴾ : (٩)

دەی با ئەم میراتبەرانە لە خودا بترسنو قسەی پیاوانەو میهرەبانانەو ساغ لەگەڵ ئەم هەتیوانەداو لەگەڵ ئەم گەدایانەدا بکەن • وە یاخود ئەم ئایەتە قسە ئەکا لەگەڵ مردووەکانا لە کاتی حەیاتاو لە نزیکی مردنیانا • واتە با لە خودا بترسن ماڵەکەیان بە وەصیەتی بێ جێگە زایە نەکەنو زیاد لە سێیەك وەصیەت نەکەن لە ترسی منداڵەکانیان کە بە لاتی نەکەونە کۆڵانان • وە یاخود ئەم ئایەتە قسە ئەکا لەگەڵ میراتبەرە گەورەکان ، واتە لەخودا بترسنو چاوتان لە میراتبەرە هەتیوەکانەوە بێو بەشەکەیان مەخۆنو ماڵەکەیان داگیر مەکەن ، ئێوەیش ئەمرنو ئەولادی داماوتان لێ بەجێ ئەمێنێ ، رۆژان رۆژیان لە دوایە ، ئیمرۆ ئەوانە هەتیون سبەینێ منداڵی تۆ هەتیوو بێ نەوایە •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوالَ اليَتامى ظُلْماً ﴾ :
ئەو کەسانە کە ماڵی هەتیوان ئەخۆن بە ناحەق‌و بە ستەم ٠
﴿ إِنَّما يَأْكُلُونَ في بُطونِهِمْ ناراً ﴾ :
بە راستی پڕ بە سکی خۆیان ئاگری دۆزەخ ئەخۆن ٠
﴿ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيراً ﴾ : (١٠)
وە لە پاشەڕۆژی نزیکدا داخڵی ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ ئەبن ، ئەو جارە پەشیمان ئەبنەوە بە بێ سوود ٠
﴿ يُوصِيكُمُ اللهُ في أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ ﴾ :
خوای تەعالا عەهدتان بۆ ئەکا لە هۆی میراتی ئەولادەکانتانەوە لە کوڕو کچدا ، لە بۆ کوڕ هەیە دوو ئەوەندەی بەشی کچێ ، واتە : کەسێ مرد کوڕو کچێکی هەبوو میراتەکەی ئەکرێ بە سێ بەشەوە ؛ دوو بەشی بۆ کوڕەکەو بەشێکی بو کچەکەیە ٠
﴿ فَإِنْ كُنَّ نِساءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثا ما تَرَكَ ﴾ :
وە ئەگەر ئەولادەکان هەر کچ بوون‌و زیاتر بوون لە دوو کەس ئەوە دوو تەقسیم سێ ئەبەن بە دوو دەلیل : یەکەم بە نەصی ئایەت بڕیار دراوە کوڕێك دوو قاتی کچێك ببا ، لەمەوە لازم ئەکا دوو کچ بە قەی بەشی ئەو کوڕە ببا ٠
دووهەم : تاقە کچێ لەگەڵ کوڕێکدا سێ‌یەکی ماڵ ببا پێویستە دوو کچ ، کە کەس مانیعیان نەبێ ، دوو سێ‌یەك ببەن ٠

﴿ وإنْ كانَتْ واحِدَةً فَلَها النِّصْفُ ﴾
وەئەگەر نەتەوەی مردووەکە یەك کچ بو نیوەی میراتەکە ئەبا٠

ئەمە تا ئێستە قسەمان لە کوڕو کچی نەفسی مردووەکــــە بوو ، وە ئەگەر لە کوڕی ئەو مردووە بوونو باوکیان نەمابوو ئەوە وەکو کوڕ و کچی پشتی مردووەکە میرات ئەگـــرن بــە یاسای (للذکر مثل حظ الانثیین) ٠ وە ئەگەر ئەم دوو چینــــە گردەوە بوون ؛ ئەوە ئەولادی پشتی یا تەنیا نێرینەن یا نێرینەو مێیینەن ، یا تاقە مێیینەیەکە یا زیاترە ، وە لەم چوار حاڵــەدا ئەولادی کوڕی مردووەکە یەکێکە لەم چوارە ، وە چوار لـــە چوارا ئەکاتە شازدە ٠ جا مادام ئەولادی پشتی‌ی هەر نێرینە بن یاخود نێرینەو مێیینە بن بــە هەموو حاڵێ ئـــەولادی کــوڕی مردووەکە حەجب ئەکەن ، وە ئەگەر ئەولادی پشتی‌ی هەر مێیینە بوون ئەوە ئەگەر ئەولادی کوڕی مردووەکە هەر نێرینە بوون یا نێرینەو مێیینە بوون ئەوە لە پاش بەشی ئەولادە پشتییەکـــان هەرچی مایەوە ئەیبەنو (علی الاصول) بەشی ئەکەن ٠ وە ئەگەر هەر مێیینە بوون ئەوە لەگەڵ یەك کچی پشتیدا شەش‌یەکـــــی ماڵەکە ئەبەنو لەگەڵ زیاتر لە یەك کچدا بەشیان نیە ٠

﴿ ولأبَوَيْهِ لِكُلِّ واحِدٍ مِنْهُما السُّدُسُ مِمَّـــا تَرَكَ ، إنْ كانَ لَهُ وَلَدٌ ﴾ :

وە لە بۆ باوكو دایکی مردووەکە ــ هەر یەکێ لەوان ــ یەك تەقسیم شەش هەیە لە میراتی مردووەکە ئەگـــەر نەتـــەوەی میراتگری بێ یا کچ ٠ ئەوەندە هەیە ئەگەر نەتەوەکە کچ بوو ئەوە کە ئەمێنێتەوە لە بەشی دایکەکەو لە بەشی کچەکەو شەش‌یەکی باوك ٠٠ باوکەکە بە تەعصیب ئەیبا ٠

﴿ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ﴾ :

وه ئەگەر مردووەکە نەتەوەی نەبوو وه بەس باوكو دایكی هەبوو ئەوە دایکەکە لەو میراتە یەك تەقسیم سێ ئەبـــاو دوو تەقسیم سێ ئەمێنێتەوە بۆ باوکەکەی ؛ چونکی پیاوو ژنـــی هاوپایە کە کەوتنە یەك ئەوە پیاوەکە دوو قاتی ژنەکە ئەبـا ٠ بەڵام ئەگەر بێجگە لەو باوكو دایکە مردووەکە ژنی لێ بەجـێ ما وه یا مێردی لێ بەجێما ئەوە لە پێشا بەشی ئەو ژنە یا ئـەو مێردە ئەدرێ ، جا پاش ئەوە هەرچی مایەوە یەك تەقسیم سـێ ئەدرێ بە دایکی مردووەکەو دوو تەقسیم سێ ئەدرێ بە باوکەکە لەبەر ریعایەتی یاسا پێشووەکە وه لەم صوورەتەدا دایکی مردوو سێ یەکی هەموو میراتەکە نابا بەڵکو سێ یەکـــی ئـــەوە کـــە ئەمێنێتەوە لە ژنەکە یا لە مێردەکە ئەوە ئەبا ٠

﴿ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ﴾ :

بەڵام ئەو مردووە کە دایکی ماوەتەوە لە دنیادا ئەگەر چەن برایێ یا چەن خوشکێ یا چەن براو خوشکێکی هەبوو ئەوە دایکی ئـەو مردووە شەش یەکی ماڵەکەی هەیە نەك سێ یەك ؛ چونکی ژمارەی براو خوشکی مردووەکە مەنعی سێ یەك ئەکەن لـە دایکەکـــەو ئەیهێننە خوار بۆ شەش یەك ، خواه لەو مادەدا باوکی مردووەکە بێو مەنعی ئەمانە بکا لە میرات یا نەبێو ئەمانە میرات ببەن ٠

﴿ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ ﴾ :

وه ئەم میراتبەشکردنە لە ناو میراتبەرانا لـــە پـــاش

بەجێهێنانی وەصیەتی مردووەکەو لە پاش دانەوەی قەرزی خاوەن قەرزە •

وە کەلیمەی (او) لەم شوێنەدا بۆ ئەوەیە تا بزانن کە وەصیەتو قەرز هەردوویان وەکوو یەك وانە لە پێشکەوتن لە سەر ماڵ بەشکردن هەرچەن قەرز ئەبێ پێش وەصیەت بکەوێ لە بەجێهێنانا ؛ چونکی وەصیەت تەبەڕوعی خاڵصە بەلاَم قەرز حەقی ئادەمیزادە •

وە حەقیقەتی تەرتیبی حوقووق لە میراتی مردووا ، وەکو لە کتێبە شەرعەکانا هەیە ، ئەمەیە : پاش مردنی ئینسان هەر حەقێ موتەعەلیق بە عەینی ماڵەکەوە بێ واجبە لە پێش هەموو شتێکا جێبەجێ بکرێ ، ئەوەیش وەکو حەقی زەکات لە ماڵی مردووەکەدا ، وە حەقی سوکناو نیشتمان بۆ ژنی کابرای مردوو لە ماوەی عیددەدا ، وە حەقی گەڕانەوەی ماڵێ کە کابرای مردوو بە قەرز وەریگرتبێو لە پێش سەرفکردنیا مردبێ ئەوە واجبە بیدەیتەوە بە خاوەن ماڵەکە ؛ چونکی عەینەکەی ماوە ، وە وەکو حەقی بەدەلی ماڵێ کە کابرا بە پارە کڕیبێتی لە یەکێو پارەکەی نەدابێو کابرا لات بێ ماڵی نەبێ حەقی ئەو ماڵە کڕراوە جێبەجێ بکا ئەوە واجبە عەینی ماڵە کڕراوەکە بدرێتەوە بە خاوەنەکەی، وە وەکو حەقی (مرتهن) لەو ماڵەدا کە دانراوە لە لای بە یاسای رەهن ئەوە پێویستە لە پێشا ئەو ماڵە مەرهوونە بفرۆشرێو حەقی کابرای (مرتهن) جێبەجێ بکرێو غەیری ئەمانەیش لە حوقووقی موتەعەللەق بە عەینی میراتەوە •

جا پاش ئەمانە کابرای مردوو بشۆررێو کفن بکرێو دەفن بکرێ لە حسێبی ماڵەکەی خۆی ، هەروا ئەگەر یەکێ لە ئەفرادی عائیلەی لە پێش مردنی ئەم خاوەن ماڵەدا مردبێ ئەوەیش واجبە تەجهیز بکرێ ٠

پاش ئەمە قەرزی خاوەن قەرز بدرێتەوە ٠ پاش ئەوە لە سێیەکی باقی ماڵی کابرا هەر وەصیەتێکی کردبێ جێبەجێ بکرێ ٠ جا پاش ئەمانە ئەوەی مایەوە بەش ئەکرێ لە ناو میراتبەرەکانا بە یاسای شەرع ٠

﴿ آباؤُكُمْ وَأَبناؤُكُمْ لا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعاً ﴾ :

واتە : ئەی موسوڵمانەکان ئێوە نازانن لە ناو باوكو باپیرەتاناو لە ناو کوڕو کچتانا کامیان نزیکترە بە ئێوە لە سوودگەیاندنا لە دنیادا یا لەرۆژی قیامەتا ، کەوابێ قەت مەیل مەکەن بە لای بازێکیانا بێن میراتەکەی خۆتان بە فڕو فێڵو بە ئینتیقالاتی بێ ئەساسوبە ئیقرار لە دادگادا بدەن بە بازێکیانو باقی میراتبەرەکان بێبەش بکەن بەڵکو واز بێنن لەو ماڵەو لەو میراتبەرانە خۆیان ماڵی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان بەش بکەن لەسەر ئادابی شەرعی خودایی ٠

﴿ فَرِيضَةً مِنَ اللهِ ﴾ :

وە خودای تەعالا فەرزی ئەو تەقسیماتەی کردووەو ئەم تەقسیمی قورئانە بڕیاردراوە لە لایەنی خوداوە ٠

﴿إِنَّ اللهَ كَانَ عَلِيماً حَكِيماً﴾ : (١١)

به راستی خودای تەعالا زانایەو خاوەن حیکمەتـــە بـــە هەموو شتیّو لە هەموو شتیّکا ٠

﴿ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ ﴾ :

وە بۆ ئیّوە هەیە نیوەی ئەوەی کە هاوجووتەکانتـــان لـــە پاش مردن بەجیّیان هیّشتووە ئەگەر ئەولادیان نەبیّ ، واتـــە نەتەوەی میراتگر ٠

﴿ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّـــا تَرَكْنَ ﴾ :

وە ئەگەر ئەو هاوجووتانەتان نەتەوەی میراتگریان ببـــیّ ئەوە بۆ ئیّوە هەیە چواریەکی ئەوەی ئەوان بەجیّیان هیّشتووە ، خواە ئەو نەتەوە لە ئیّوە بیّ یا لە میّردیّکی تر بیّ ٠

﴿ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ﴾ :

ئەم بەشەیش وەرئەگرن لە پاش بەجیّهیّنانـــی ئـــەو وەصیەتەی ئەوان کردییّتیان یا لە پاش دانەوەی ئەو قەرزە کـە لەسەریان بیّ ٠

﴿ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ ﴾ :

وە بۆ ژنەکانتان هەیە چواریەکی ئەوەی ئیّوە بەجیّتـــان هیّشتووە ئەگەر ئیّوە نەتەوەی واریثتان نەبیّ ٠

﴿ فَاِنْ كانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ ﴾ :

وه ئەگەر ئێوه نەتەوەی میراتگرتان ببێ ئەوه بۆ ژنەکانتان هەیە هەشتیەکی ئەوەی کە بەجێتان هێشتووه •

﴿ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ﴾ :

ئەو بەشەیش وەری ئەگرن لە پاش رابواردنی ئەو وەصیەتەی کە ئێوه بیکەن وه لە پاش دانەوەی ئەو قەرزەی کە لەسەرتانە •

ریوایەتکراوه لە ئیبنو عەبباسەوه (خ) فەرموویەتی : میرات بۆ ئەولاد بوو وه وەصیەتیش بۆ باوكو دایك ، جا خودای تەعالا خواستی نەسخی بکاتەوه ئەمەی نەسخ کردەوه ، وه بۆ نێرینەیێ دوو قاتی بەشی کچی دانا ، واتە بۆ هەر نێرێ وێنەی بەشی دوو مێیینە • وه بڕیاری دا بۆ باوكو دایك هەر یەکێ لەوان شەشیەکی ماڵ وه سێیەکی ماڵ ، وه بۆ ژنی مێرد (ربع) و (ثمن) وه بۆ مێرد نیوەو چواریەك • ئەمە صەحیحی بوخاری ریوایەتی کردووەو ئەبو داودیش •

وه لە باسی میراتی پیاو لە ژنی خۆیو ژن لە مێردی خۆی لە هەردوو حاڵی وجوودی نەتەوەی میراتبەرو نەبوونی نەتەوه دەرکەوت کە لە حاڵی هێزو بێهێزیدا موتڵەقا مێرد دووقاتی بەشی ژنەکەی ئەبا ؛ لە حاڵی هێزی هەردوکیانا ژن چواریەكو پیاو نیوەی میرات ، وه لە حاڵی بێ هێزی هەردوویانا ژن هەشتیەكو مێرد چواریەك ئەباو ئەمە قیاسە بۆ هەموو پیاوو

ژنێ كه شه‌ریك بن له جیهه‌تی ئیرثاو له نزیكیدا بۆ مردووه‌كه‌و كه‌س جیانه‌كراوه‌ته‌وه له‌م قیاسه ئیللا براو خوشكی دایكیی و سه‌ییدی به‌نده‌و سه‌ییده • واته ئه‌گه‌ر پیاوو ژنێ به‌نده‌یه‌كیان ئازاد كرد ئه‌وه میراتی ئه‌و به موساوات ئه‌گا به‌و سه‌ییدو سه‌ییده‌یه •

بزانن ! له میراتی ژنانا یه‌كێ بن یا دوو یا سێ یا چوار هه‌موو شه‌ریكن له روبعدا یا له ثومندا به موساوات •

﴿ وإنْ كان رَجُلٌ يُورَثُ كَلالَةً أَو امرَأَةٌ ولَهُ أَخٌ أَوْ أخْتٌ فَلِكُلُ واحِدٍ مِنْهُما السُدُس ﴾ :

وه ئه‌گه‌ر پیاوێ میراتی لێ ئه‌گیرا وه‌لحاڵ نه باوكی هه‌بوو نه ئه‌ولاد وه ئه‌و پیاوه براێیكی دایكی یا خوشكێكی دایكی هه‌بوو ئه‌وه بۆ هه‌ر یه‌كێ له‌و خوشك‌و برایه شه‌ش‌یه‌كی ماڵی ئه‌و كابرایه هه‌یه ، هه‌روا ئه‌گه‌ر ژنێ بمرێ‌و باوك‌و ئه‌ولادی نه‌بوو وه برایێ یا خوشكێكی دایكی هه‌بێ •

﴿ فَإنْ كانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكاءُ فِي الثُلُثِ ﴾ :

وه ئه‌گه‌ر ئه‌و برا یا ئه‌و خوشكه دایكی‌یه زیاتر بوون له یه‌كێ ــ دوو بن یا زیاتر ــ ئه‌وه هه‌موویان شه‌ریكن له سێ‌یه‌كی میراته‌كه‌دا •

﴿ مِنْ بَعْدِ وصِيَّةٍ يُوصى بِها أوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضارٍّ ﴾ :

وه ئه‌م به‌شه كه هه‌یه بۆیان له پاش ته‌نفیذی وه‌صیه‌تێكه

کە کرابێ ، یا پاش قەرزێکی وا بەسەر مردووەکەوە بێ ، وەلحاڵ ئەو وەصیەتە یا ئەو قەرزە نەبووبێ بە هۆی زیانگەیاندن بە میراتبەرەکان ، بەم جۆرە وەصیەتەکە بە زیاد لە سێیەك کرابێ ، وە ئەو قەرزە نەبووبێ بەڵام بە درۆ کابرا ئیعتیرافی پێ بکا بۆ ئەوە زیان بدا لە میراتبەرەکانی •

﴿ ﴿ وَصِيَّةً مِنَ اللهِ ﴾ :

وە خودا وەصیەتتان بۆ ئەکا لە لایەنی خۆیەوە بە وەصیەتێکی بەنرخ •

﴿ واللهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴾ : (١٢)

وە خودا ئەزانێ بە بیرو باوەڕی ئێوەو بە کردەوەتانو خاوەن حەوسەڵەیە ئەگەرنا دەمێ بوو عیقابی ئەسەند لە گەلێ کەس •

بزانن لێرەدا چەن شتێ هەیە :

یەکەم : (کەلالە) بەکاردێ بۆ یارۆی مردووی خاوەن میرات ، وە لەم حاڵەدا کەلالە بە مردوویەك ئەڵێن : کە نە باوکی هەبێ نە ئەولاد • وە بە کاریش دێ بۆ میراتبەرەکان ، وە لەم حاڵەدا کەلالە ئەو میراتبەرانەن کە نە لە ئەولاد بنو نە باوك بن وە لە حوکمی کەلالەدا نەبوونی باپیرەیش پێویستە ، واتە ئەگەر مردووەکە باپیرەی ببێ ئەوە نابێ بە کەلالەو پێی ناڵێن کەلالە •

دووهەم : لەم ئایەتانەدا کە خوێندنمانەوە لە باسی میراتــا دەرکەوت کە بازێ میراتبەر بە بازێ مەنعئەکرێ بە تـــــەواوی یاخود لە بازێ حەق • (جێگەی ئەم باسە کتێبە شەرعی‌یەکانە)

﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللهِ ﴾ :

ئەو ئەحکامە کە تا ئێســتە بەیانمان کردن وەکو سنووری وڵاتی خودا وانە لێیان لامەدەن •

﴿ ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورَسولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّـــــاتٍ تَجْري مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ خالِدينَ فِيهــا وذلِكَ الفَوزُ العَظيمُ ﴾ : (١٣)

وە هەرکەسێ فەرمانبەرداری خوداو پێغەمەری خودا بکــا ئەوە خودا ئەیخاتە ناو چەن بەهەشتی وەها کە جۆبارەکان لـــە ژێریانەوە دەرئەچن‌و لە ژێریانەوە رەوان ئەبن‌و حاڵیان وەهایە بڕیاری خولوودو مانەوەی‌هەتاهەتایان تێدا هەیەو ئەمەیش بــە مەرامگەیشتنێکی گەورەیە •

﴿ ومَنْ يَعْصِ اللهَ ورَسُولَهُ ويَتَعَدَّ حَدُودَهُ ﴾ :

وە هەرکەسێ عاصی ببێ لە خوداو پێغەمەری خوداو تەجاوز بکا لە حودوودی خودا •

﴿ يُدْخِلْهُ ناراً خالِداً فِيها ﴾ :

ئەوە خودا ئەیخاتە ناو ئاگرەوە لە حاڵی تەقدیری خولوود لەو ئاگرەدا •

﴿ ولَهُ عَذابٌ مُهِينٌ ﴾ : (١٤)

وه بۆ ئەو کەسەیش عەزابێکی موهین هەیە کە خاوەن عەزابەکە سووك ئەکا لە حوزووورا (اعاذنا الله تعالی) ٠

﴿ والـتي يـأتين الفاحـشـة مـن نـسـائـكـم فـاسـتـشـهـدوا عـلـيـهـن أربـعـة مـنـكـم ﴾ :

ئەو ژنانە کە موباشەرەی زینا ئەکەن لە ژنانی ئێوە ، داوا بکەن لەو کەسە نیسبەتی زینایان لێ ئەدا چوار شاهیدی موسوڵمانی پاك بێنن ئەدای شەهادەت بکا لەسەر کردەوەی ناهەمواری ئەو **ژنانە** ٠

﴿ فـان شـهـدوا فـأمـسـكـوهـن في الـبـيـوت حـتـى يـتـوفـيـهـن الـمـوت ﴾ :

جا ئەگەر شاهیدییان دا لەسەریانو ئەو کردەوە نابارە ثابت بوو لەسەریان ئەوە ئەو ژنانە رابگرن لە ماڵداو حەبسیان بکەن لەناو هۆدەیەکدا هەتا مردن وەریان ئەگرێ ٠

﴿ أو يـجـعـل الله لـهـن سـبـيـلا ﴾ : (١٥)

یا خودا یاسایێ وە رێگەیێ تریان لە تۆڵەی ئەم کارەدا بۆ بڕیار بدا ، وەکو حەددی زینا بە دارلێدان یا سەنگەسار کردن ٠

﴿ والـذان يـأتـيـانـهـا مـنـكـم فـآذوهـمـا ﴾ :

ئەو دوو کەسە دێن بە کردەوەی فاحیشە لە ئێوە ئازاریان بدەن بە لۆمەو سەرزەنش ٠

﴿ فـان تـابـا وأصـلـحـا فـأعـرضـوا عـنـهـمـا ﴾ :

جا ئەگەر ئەمانە تۆبەیان کردو نەفسی خۆیان پوختەکرد لە چلکی تاوانباری ئیتر ئێوەیش وازیان لێ بێننو ئازاریان مەدەنو لە ناو خەڵکا باسیان مەکەن •

﴿ إِنَّ اللهَ كَانَ تَوَّاباً رَحِيماً ﴾ : (١٦)

بە راستی خوای تەعالا هەمیشە تۆبەوەرگرە لە بەندەکانی خۆیو میهرەبانەو عەیبپۆشە •

بازێ لە زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە پێش ئایەتی یەکەم کەوتووە لە نوزوولاو ریزی عوقووبەتی زیناکاران بەم جۆرە بووە ؛ یەکەم لۆمەو سەرزەنش ، ئەمجار بەندکردنیان لە خانوودا . ئەمجار جەڵدەو دارلێدان بۆ پێژنو ژنێ کەوا ئیحصانیان نەبێ ، واتە ژنەکە شووی نەکردبێو پیاوەکە ژنی نەهێنابێت جا رەجمو سەنگەسار بۆ پیاوو ژنێکە کە موحصەن بن •

﴿ إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِنْ قَرِيبٍ ﴾ :

ئەو تەوبە کە لەسەر خودایەو قەبووڵی ئەکاو رەدی ناکاتەوە بە موجیبی ئیحسانو فەزڵی خۆی هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە کردەوەی نابار ئەکەن بە جەهالەتو کەم هۆشیو وردنەبوونەوە لە ئەنجامی کارو عەزابی پەروەردگار ، وە پاش ئەو کردەوە نابارە تەوبە ئەکەنو ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا **لەپێش** ئەوەدا کە ئاکامیان بێت •

﴿ فَأُولَئِكَ يَتُوبُ اللهُ عَلَيْهِمْ ﴾ :
ئا ئەو جۆرە کەسانەن کە خودا تەوبەیان لێقەبوول ئەکا ٠
﴿ وكَانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (١٧)
وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو بارێکاو خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکا مادام تۆبەی ئەوانە قەبوول بکا ئەوە پڕە لە حیکمەت ٠

﴿ ولَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إذا حَضَرَ أحَدَهُمُ المَوتُ قالَ : إنِّي تُبْتُ الآنَ ﴾:
وە قەبوولکردنی تۆبە بۆ ئەو کەسانە نیە کە کردەوەی ناشیرین ئەکەنو دەوام ئەکەن لەسەری تا کاتێ کە مردن دایێ بە سەری یەکێکیانا ئەڵێ بە راستی وا ئێستە تەوبەم کرد ٠
﴿ وَلا الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ﴾ :
وە بۆ ئەو کەسانەیش نیە کە ئەمرن وەلحاڵ دامەزراون لەسەر کوفر ، واتە تەوبەی ئەوانە کە لە سەرەمەرگا تەوبە ئەکەن وەکو تەوبەنەکردنی ئەو کەسانەیە کە بە کافری ئەمرن ٠

﴿ أُولَئِكَ أَعْتَدْنا لَهُمْ عَذاباً أَلِيماً ﴾ :(١٨)
ئەمانە کە تەوبەکەیان پاش ئەخەن بۆ سەرەمەرگێو ئەوانە کە هەر تەوبە ناکەنو بە کافری ئەمرن ئامادەمان کردووە بۆیان عەزابێکی ئێشدار ٠

فەرموودەی خودا (یا أیها الذین آمنوا لا یحل لکم ان ترثوا النساء کرها) ٠

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسەوە (خ) ئەڵێ : یاسای عەرەب وابوو کاتێ پیاوێ بمردایێ حەقدارانی ئەو کابرایـــە موستەحەق بوون بە ژنەکەی ؛ ئەگەر یەکێ لەوان مەیلی ببوایێ مارەی ئەکرد بۆ خۆی ، وە ئەگەر مەیلی ببوایێ مارەی بکا لـــە غەیر ئەیتوانی ، وە ئەگەر مەیلی وابوایێ هەر بمێنێتەوەو شوو نەکا وەها دەبوو ٠ واتە ئەوان شیاوتر بوون بەو ژنـــە لـــە ئەهلی خۆی ٠ جا فەرمووی :

﴿ یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا ! لا یَحِلُّ لَکُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّساءَ کَرْهاً ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا ! حەڵاڵ نیە بۆ ئێوە کە ژنان وەربگرن وەکو میرات لە پاش مردنی خاوەنەکانیان بە زۆر بەڵکو ئەو ژنانە بۆ ئێوە دروست نەبـــێ مارەیان بکەن ، وە یا دروست بێ بەڵام ژنەکە ئێوەی نەوێ ٠

﴿ وَلا تَعْضُلُوهُـــنَّ لِتَذْهَبُـــوا بِبَعْضِ مـــا آتَیْتُمُوهُنَّ ﴾ :

وە مەنعیان مەکەن لە شووکردن بە هیوای ئەوە کە ژنەکان بە مەجبووری بازێ لەو ماڵو مارەیی‌یە کە پێتان داون پێتـــان بدەنەوە ، مەگەر ئیشێکی بێ موناسەبەیان لێ‌پەیدا بووبێ ٠

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە خیتابە لەگەڵ

مێردی ژنەکانا ، بازێ پیاوی بێ مروەت بوون موبالاتیان بە ژنەکانیان نەدەکردو وەکو یاسای پیاوانی هۆشیارو بەختیار ئیدارەیان نەدەکردن ؛ نە تەلاقیان ئەدان بڕۆن بۆ خۆیان شوو بکەن ، وە نە حورمەتیان رائەگرتن • هەروا ئەیانهێشتنەوە بۆ تەمای ئەوە یا تەلاقیان لێوەربگرن بە پارە وە یاخود بمرن‌و شووەکانیان ئیستیفادە بکەن لە میراتەکەیان ، جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئیشی وا مەکەن خودا رازی نیە بەم غەدرە •

﴿ اِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ ﴾ :

مەگەر کاتێ کە ژنەکان زۆر بەدڕەوشت بن‌و کردەوەیەکی ناشیرینیان بە ئاشکرا لێدەربکەوێ‌و ئێوەیش بۆ عوقووبەتی ئەو ئیشە وەها قەساوەتیان لەگەڵ بکەن •

﴿ وعَاشِرُوهُنَّ بِالمَعْرُوفِ ﴾ :

رابوێرن لەگەڵیانا بە یاسایێ کە ناسراوە لە ناو خاوەن مروەتەکانا بە ئینصاف‌و قسەی خۆش •

﴿ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً ﴾ : (١٩)

وە ئەگەر صوحبەت‌و هاوڕێیی ئەو ژنانەتان لەلا ناشیرین بو لەبەر ناشیرینی صوورەتیان یا ناپەسەندی رەوشت‌و سیرەتیان • ئەوە هەر خۆتان بگرن‌و سەبر بکەن لەگەڵیاناو مدارا بکەن‌و ئازاریان مەدەن ؛ چونکی زۆر رجا هەیە کە ئێوە شتێك باش بۆی نەڕوانن‌و خودای تەعالا خێرێکی زۆری تێدا

دانابێ ، ئەگەر ژنی برا مردووەکەتان یا باوکە مردووەکەتان بن هیوایە مانەوەیان ببێ بە هۆی ئینسیجامی ئەفرادی عائیلە یا ببێ بە هۆی ئولفەت لەگەڵ (ئەصهار)و ئەنصارا ، وە ئەگەر ژنی خۆتان بێ هیوایە منداڵی باشیان لێ ببێ وە یا منداڵەکانتان بە باشی تەمێو تەربیە بکەنو بۆ یاسای دینداری بوونیان باش بێ •

﴿ وَ إِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدالَ زَوْجٍ مَكانَ زَوْجٍ ﴾:

وەئەگەر خواستی دڵتان وابوو کە ژنێ تەڵاق بدەنو ژنێ تر بێنن •

﴿ وَآتَيْتُمْ إِحْدَيهُنَّ قِنْطاراً فَلا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئاً ﴾ :

وە دابووتان بەو ژنە کە تەڵاقی ئەدەن هەزارو صەد دیناری ئاڵتوون لە مارەییدا ئەوە وەرمەگرنەوە لەو ژنانە شتێ لە مارەییەکەیان کەم بێ یا زۆر •

﴿ أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتاناً وَ إِثْماً مُبِيناً ؟ ﴾ : (٢٠)

ئایا ئێوە ئەو مارەیییە وەرئەگرنەوە لەو ژنە داماوانە لە حاڵێکدا (مباهت) بنو بوهتانیان بۆ هەڵبەستن ، وە لە حاڵێکدا خۆتان تاوانبار بکەن بە تاوانێکی دیاری ؟ ئەگێڕنەوە بازێ لەوانە کاتێ ژنێکیان بەسەر ژنە پێشووەکەیانا ئەهێنا بوختانێکیان هەڵئەبەست بۆ ژنە کۆنەکەیان بۆ ئەوە کە مەعزوور بن لە تەڵاقدانیا وە بۆ ئەوە کە ئەو ژنە داماوە لە ترسی ناموسی

خۆی تەڵاق وەربگرێ لەو تابرایەو ماڵی خۆی پێ بداو بێدەنگی بکا • جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەم کارە ناهەموارانەو ئەم درۆو بوختانەو ئەم گوناحو تاوانبارییانە هەمووی شتێکی ناپەسەندنو تەرکیان بکەن ، ئەگەرنا خودا ئینتیقامتان لێ ئەستێنێ •

﴿ وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ ؟ ﴾ :

چۆن جەسارەت ئەکەنو لە خودا ناترسنو ئەم مارەیی‌یە وەرئەگرن لەو ژنە داماوانە وەلحاڵ بازێکتان گەییشتووە بە بازێکتان ؟ واتە پیاو گەییشتووە بە ژنو ژن گەییشتووە بە پیاو وە بە یەکەوە رایانبواردووەو لە بەرابەری ئەو مارەیی‌یەوە لەزەتتان لە ژنەکان وەرگرتووەو ئەو مارەیی‌یە بەدەلو تۆڵەی ئەو لەزەتەیە •

﴿ وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقاً غَلِيظاً ﴾ : (٢١)

وە ئەو ژنانە بە هۆی خوازبێنیو پەیمانکارو مارەبڕینەوە وەریانگرتووە لە ئێوە پەیمانێکی ئەستوور ئەو پەیمانە لەگەڵ خودادا کە بە واسیطەی پێغەمەرەوە (د) کراوە لەگەڵ ئێوەدا ؛ چونکی حەزرەت فەرموویەتی : وەصیەتتان بۆ ئەکەم لە هۆی ژنەوە ؛ چونکی ئێوە ئەوانتان وەرگرتووە لەسەر ئەساسی ئەمە کە ژنان ئەمانەتنو وەدیعەی خودان لای ئێوەداو ئێوە عەورەتی ئەوانەتان حەلاڵکردووە بەهۆی ئیجرای عەقد بە کەلیمەی خودا کە بریتی‌یە لە (انكاح) و (تزويج) ، وە ئەو ژنانە

له زاتی خۆیانا بەرابەر بە پیاو زەعیفن ، وە هەر ئەوەنـــدە گەییشتن بە مێردەکانیان ئیتر غاڵبا سکیان ئەبێو ، شانیـــان قورس ئەبێ بە خزمەتی ماڵو چاودێری منداڵو ئەم وەزعانـە مووجیبن بۆ ئیکرامو ئیعانە نەك بۆ تەحقیرو ئیهانە ٠

وە لە واقیعا یەکێ بە چاوی راستبینو دووربینو وردبین تەماشای قورئانی پیرۆز بکا حاڵی ئەبێ کە وەزعی ژنان لـــە پێش دامەزرانی ئایینی پاکی ئیسلاما چەندێ نابارو ناهەموار بووەو چەندێ ستەم بەسەر ژنا رابوردووەو ، لە بەرەبەیانـــی مێژووی دینی ئیسلامەوە چەندێ ئایەتو حەدیث وارید بـــوون بۆ خزمەتکردنی عەدالەتو بۆ ریعایەتی حوقووقی ژن لـــــە : میراتا ، لە خانەدانا ، لە ژیانا ، لە شووکردنا ، لە هاتنەوەیا بۆ ماڵی باوکی خۆیو ، لە مەسرەفو خەرجیداو ، لە موجامەلـــەو قسەی ئیحتیرامو ئەدەب لەگەڵیانا ٠٠ بە راستی حەزرەت (د) « رحمة العالمين » ە ٠

فەرموودەی خودا : (ولا تنكحوا ٠٠٠) الاية

ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتیان کـــردووە ئەڵێن : ئەهلی مەدینە لە زەمانی جاهیلیەتاو لە ئەووەڵـــی ئیسلامەوە یاسایان وابوو کاتێ پیاوێ بمردایـــەو ژنێکـــی بەجێبهێشتایە ئەگەر کوڕێك لە غەیری ئەو ژنەی ببوایە یا ئەو کوڕە یا خزمێك لە پشتی کابرا ئەهات جلێکی ئەدا بەسەر ئـەو ژنەدا ئیتر ئەو کەسە ئیستیحقاقی ئەو ژنەی زۆرتر ئەبوو لـــە

نەفسی ژنەکەو لە غەیری ژنەکە ، وە لە پاشا بیویستایێ مارەی بکا مارەی ئەکرد بە بێ مارەیی ئیللا ئەو مارەیی‌یە کە وەختی خۆی مێردەکەی بۆی بڕیارداوە ، وە ئەگەر بیویستایێ مارەی ئەکرد لە غەیری خـــۆی لە هەرکەســـێ داوای بکردایـــەو مارەیی‌یەکەی وەرئەگرت‌و خۆی ئەیخواردو بەشی ژنەکـــەی لێ‌نەئەدا • وە ئەگەر بیویستایێ راگـــیری بکـــا هـــەروا ئەیهێشتەوەو بە سووکی تەماشای ئەکرد هەتا ئەو ژنە فیدیەی نەفسی خۆی ئەدا • بەم جۆرە وازی لە میرات‌و لە مارەیـــی‌و حوقووقی خۆی ئەهێنا بۆ ئەو کەسەو ئەویش بەرەڵای ئەکرد ، وە یاخود هەتا ژنەکە ئەمرد ئەوجار ئەو کوڕە یا ئەو خزمـــە پشتی‌یە هەرچی ماڵ‌و میراتی ئەو ژنە هەبوو ئەیبـــرد بـــۆ خۆی •

جا ئەبو قەیس کوڕی ئەسلەتی ئەنصاری وەفاتی کـــردو ژنێکی بەجێ‌هێشت ـ کەبشە کچی مەعنی ئەنصاری ـ • لەویا کوڕێکی ئەبو قەیس ـ لە غەیری کەبشە ـ هەستا ویستی کەبشە مارە بکا ، کەبشە وتی : من وەکو کوڕی خۆم تەماشای تـــۆ ئەکەم‌و تۆ لە پیاوە باشەکانی هۆزی خۆتی ، بە بێ ئیجـــازەی حەزرەت شتی وا نابێ با بڕۆم بۆ لای حەزرەت پرسی پێ‌بکەم • کاتێ رۆییشت بۆ خزمەتی حەزرەت‌و وەزعەکەی عەرز کـــرد • فەرمووی : بڕۆرەوە بۆ ماڵی خۆت بەڵکو خودا حوکمێ نازڵ بکا لە هۆی تۆوە • جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئەفەرموێت :

﴿ وَلا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آباؤُكُمْ مِنَ النِّساءِ إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ ﴾ :

ماره مه‌كه‌ن ئه‌و ژنانه كه باوكه‌كانتان ماره‌یان‌كردوون ، وه ئه‌گه‌ر شتی وه‌ها بكه‌ن موسته‌حه‌قی عیقاب‌و عه‌زابی خودا ئه‌بن له‌م هۆوه ئیللا ئه‌و نیكاحانه نه‌بێ كه له‌مه‌وپێش كران‌و خاوه‌نه‌كانیان مردن ٠

﴿ إِنَّهُ كانَ فاحِشَةً ومَقْتاً ﴾ :

چونكه به راستی ماره‌كردنی ژنی باوكه‌كانتان له‌لای خودادا به كارێكی زۆر ناشیرین‌دانراوه‌و خودا قه‌ت شتی وای بڕیار نه‌داوه له هیچ ئایین‌ودینێكاو كارێكی ناپه‌سه‌نده له‌لای ئینسانی خاوه‌ن مروه‌ت‌و پیاوه‌تی‌و خاوه‌ن ویجدان ٠

﴿ وَساءَ سَبِيلاً ﴾ : (٢٢)

وه زۆر ناشیرینه رێگه‌و ره‌ویه‌ی ئه‌و كه‌سانه كه ئه‌م كاره ئه‌كه‌ن له جیهه‌تی ئیعتیبارو سلووك‌و پیارۆییشتنا ٠

فه‌رمووده‌ی خودا (حرمت عليكم امهاتكم ـ تا ـ رحيما) :

ئیبن‌و جه‌ریرو ئیبن‌ولمونزیر ریوایه‌تیان كردووه له (ابن جريج) فه‌رموویه‌تی : پرسیارم كرد له (عطا) له مه‌عنای (وحلائل ابنائكم الذين من اصلابكم) ئه‌ویش فه‌رمووی : بیستوومانه كاتێ كه حه‌زره‌ت ژنه‌كه‌ی زه‌یدی كوڕی حاریثه‌ی

مارە کرد کافرە موشریکەکانی مەکە دەستیان کرد بە قسەکردن ٠ جا خودای تەعالا ناردی بۆ خوارەوە ٠ (وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم) ، وە ناردیە خوارەوە : (ما جعل ادعيائكم ابنائكم) وە ناردیە خوارەوە : (لكيلا يكون على المؤمنين حــــرج في ازواج ادعيائهم) وە ناردیە خوارەوە : (ما كان محمد ابا احد من رجالكم ٠٠٠ الاية) ٠

جا بینا لەسەر ئەمە قەیدی (من اصلابکم) قەیـــدە لــــە حەرامکردنی ژنی کوڕ لەسەر باوك واتە حەرام ئەبێ لەســـەر باوکەکان ژنی ئەو کوڕە لە پشتی خۆیان بێ نەك کوڕێ کە بـــە یاسای رۆژ ئەکرێ بە کوڕ ، وە یاخود لە دائیرەی رەسمیدا لــــە دەفتەرا بە ناوی کوڕی فلانکەس ئەنووسرێن ٠

کەوابێ لەسەر نەصی قورئانی کەریم مانیع نیە لەوە کـــە پیاو ژنی کوڕێکی جەعلی‌ی مارە بکا ، وەکو ئەوە کە حەزرەت(د) زەینەبی کچی جەحشی پوورزای مارە کرد لە پاش ئەوە زەید کـــە کوڕی جەعلی‌ی حەزرەتبوو تەلاقـــی دا ٠ وە حـــەزرەت (د) تەشریعی ئەوەی کرد کە ژنی کوڕی‌جەعلی‌ی حەلاڵە مارەبکرێ فەرمووی :

﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ ﴾ :

واتە لە لایەنی ئێمەوە حەرامکراوە لەسەر ئێوە ـ ئـــەی

موسوڵمانان ـ مارەکردنی دایکەکانتانو کچەکانتانو خوشکەکانتانو پوورەکانتان کە خوشکی باوکتان بن یا پوورەکانتان کە خوشکی دایکتان بن ·

﴿ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ ﴾ :

ئەو دایکانەتان کە شیریان داوە پێتان ·

﴿ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ ﴾ :

وە مارەکردنی خوشکەکانتان لە شیرخواردنەوە ·

﴿ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ ﴾ :

وە حەرامکراوە لەسەرتان نیکاحی دایکی ژنەکانتان ·

﴿ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ ﴾ :

وە حەرامکراوە لەسەرتان مارەکردنی ئەو کۆڵەبەستانە کە هان لە باوەشتاناو بەخێویان ئەکەن بەم مەرجە لەو ژنانەتان بن کە ئێوە چوونەتە لایانو دوخوولتان پێکردوون ·

﴿ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ ﴾ :

ئەگەر ئێوە دوخوولتان پێنەکردوون ·

﴿ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ ﴾ :

ئەوە تاوانتان لەسەر نیە لە مارەبڕینی کچەکانیانا ·

﴿ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ ﴾ :

وە حەرامکراوە لەسەرتان مارەکردنی ژنی ئەو کوڕانەتان کە لە پشتی ئێوەن ·

﴿ و أَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الأُخْتَيْنِ ﴾ :

وه حەرامكراوه لەسەرتان جەمعی دوو خوشك بكەنەوه لە نیكاحا ٠

﴿ إِلاَّ ما قَدْ سَلَفَ ﴾ :

بەڵام ئەوەی كه زوورابوردووه ئەوه قەی‌ناكا له جاهيلييەتا بووه بەس ئێوه لەو كاره ناپەسەندە دووربن ٠

﴿ إِنَّ اللهَ كانَ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ : (٢٣)

به راستی خودا خەتاپۆش‌و میهرەبانه ٠

جا لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیه ٠ بزانن ! مارەبڕینی ژن یا حەرامە ، یا مەكرووهە ، یا حەڵاڵه ، وه ئەو نیكاحانه كه حەرامن چوار بەشن :

بەشی یەكەم : ئەوانەن كه نیكاحیان حەرامه لەبەر عەینی ژنەكان‌و زاتیان ، وه بۆ ئەم بەشه سێ سەبەب هەیه : سەبەبی یەكەم : نەسەبەو حەرام بەم سەبەبە حەوت سینفن ، ئەووەڵ دایكه كه عیبارەته له ژنێ كه تۆی بەوەلەدا هێنابێ یا كەسێكی بەوەلەدا هێنابێ كه تۆیان بەوەلەدا هێناوه ، یانی هەموو ژنێكی وەهایه رشتەی نەسەبی تۆ بگات پێی ٠ دووهەم كچی تۆیەو هەركەسێ تۆ به وەڵەدت هێنابێ یا كەسێكت بەوەڵەدا هێنابێ كه ئەوی بەوەڵەدا هێنابێ یا هەر ژنێ كه رشتەی نەسەبی بگا به تۆ ئەوه كچی تۆیه ٠ سێهەم خوشكه كه عیبارەته له ژنێكی وا كه باوك‌و دایكی تۆ به وەڵەدیان هێنابێ یا یەكێ لەوان ٠ چوارەم پوور یانێ خوشكی باوكت كه عیبارەته له خوشكی نێرینەیێ

تۆی بە وەلەدا هێناوە بە واسیطە یا بێ واسیطە ، هەرچەن خوشکی مامی دایکیشت بێ • پێنجـــــەم : پوور ، خوشـــکی دایکت ، واتــە هـــەر ژنـــێ بـێ کـــە تـــۆی بــــەوەڵەداهێناوە بە واسیطە یـــا بـەبێ واســـیطە هــــەرچەن خوشـــکی دایکت بێ لە لایەنی باوکیەوە • شەشەم برازات کە عیبارەتـــە لە کچی پیاوێ کەلە باوکو دایکت یا لە یەکێکیان پەیدا بووبێ • حەوتەم خوشکەزات کە عیبارەتە لە کچی ژنێ لە باوکو دایکـــی تۆ یا لە یەکێکیان پەیدا بووبێ •

سەبەبی دووهەم رەضاعە یانی شیرخواردن • وە حورمـــەت سابت نابێ بەم شیرخواردنە ئیللا بەمە کە ئەو شیرە شیری ژنـــی ئادەمیزادێ بێ کە تەمەنی لە نۆ ساڵ کەمتر نەبێ ، خواه کچ بێ یا بێوەژن بێ یا ژنی خاوەن مێرد بێ ، وە ئـــەو شیرە بگا بە دەماخ یا بە میعدەی شیرخۆرەکـــە ، وە ئـــەو شـــیرخۆرەیش تەمەنی لە دووساڵ کەمتر بێو لای کەمی پێنج جار شیری ئـــەو ژنەی خواردبێ لە حاڵی حەیاتی دامەزراوا،وە لەو پێنج جارەدا ئەو منداڵە لەبەر ئیعراض لە شیرخواردن دەسبەردار بووبێ نەك لەبەر هەناسەدان یا گاڵتەکردن یا مووجیبێکی خاریجـــی • وە هەرکاتێ شیرخواردن بەم جۆرە ژنێکی حەرام کرد ئەوە ئەسڵو فەرعو حاشیەی ئەو ژنەیش حەرام ئەکا ، یانی ئەبێ بە هـــۆی حەرامبوونی نیکاحی دایکی ئەو ژنەو کچیو خوشکی ، هەروا ئەبێ بەهۆی حەرامبوونی ئەسڵو فەرعو حاشـــیەی پیـــاوە خاوەنشیرەکە ، یانی دایکی ئەوو کچیو ژنیو خوشـکی لـــەم شیرخۆرە حەرام ئەبێ • بەڵام نیسبەت بە شیرخۆرەکە حەرامـی هەر تەئثیری بۆ فەرعی هەیە ، واتە بۆ نەتەوەی نەك بۆ ئەسڵو

حاشیەی منداڵێ شیری ژنێ بخوا ئەو ژنە حەرام نابێ لە باوکی ئەم شیرخۆرەو لە برای بەڵکو حەرام ئەبێ لەکوڕی ئەم شیرخۆرە • وەکو نووسیومە :

حورمەتی شیری دایەی خـــاوەن شـیر
لـە پیاوەکەشـــیا هەیەتـی تەئسـیر
بۆ ئەسڵو فەرعو حاشیەی هـــەردوو
گشت حەرام ئەبن بە بێ یـــەكو دوو
لە شیرخۆرەدا ئـــەو حوکمـە ئـەڕوا
هەر بۆ نەتـــەوەی ، وەهایـە فتـوا

وە ئەم حەوت سینفە کە بە نەسەب حەرام ئەبن بە هـــۆی رەضاعەیشەوە حەرام ئەبن بەدەلیلی ئەو ئایەتە کە رابورد ، وە فەرموودەی حەزرەتیش کە فەرموویەتی : (یحرم من الرضاع ما یحرم من النسب) رواه الشیخان • واتە حەرام ئەبێ بە شـــیر خواردن ئەوەی حەرامی نەسەبە •

سەبەبی سێهەم : موصاهەرەیە ، واتە خزمایەتی تایبەتـی بە هۆی ژن هێنانەوە ، وە ئەوانە چوارن ؛ یەکەم ژنی بـــاوكو باپیرە موتڵەقا ، دوور بن یا نزیك ، لە لایەنی باوکەوە یا لــە لایەنی دایکەوە • دووهەم ژنی کوڕو کوڕەزا دوور یا نزیـك • سێهەم دایکی ژن هەرچەن بەرز ببێتەوە ، ئەمانە هەموو بـــە تەنیا عەقدی نیکاح حەرام ئەبن هەر چەن دوخوولیش نەبـــێ • چوارەم کچی ژن بەم شەرتە دوخوول بە دایکەکــە کرابـــێ ، هەروەها کچەزای ئەو ژنە دوور بێ یا نزیك •

بزانن ! کچی ژن لە شەرعا ناوی (ربیبە) یەو کوڕی ژن ناوی (ربیب) ە وە هەروەکو کچی رەبیبە حەرام ئەبێ کچی رەبیب هەم حەرام ئەبێ لەسەر مێردی دایکەکەیان خواه ئەمانە دوور بن یا نزیك ·

بێدار بن ! لە ئیعتیباری ئەم چوارەوە فەقەت لە موساهەرەدا دەرکەوت کە حەرام نیە مارەکردنی دایكو کچی مێردی دایکی ئینسان کە بە کوردی پێی ئەوترێ (باوەپیارە) · هەروا دایكو کچی مێردی کچی ئینسان کە پێی ئەڵێن (زاوا) · وە دایكو کچی ژنی باوکی ئینسان کە پێی ئەڵێن (باوەژن) وە دایكو کچی ژنی کوڕ کە پێی ئەڵێن (بووك) ، یانی ئەگەر بووکی تۆ دایکی بوو دروستە بۆ تۆ مارەی بکەی یا ئەگەر کچی بوو لە غەیری کوڕەکەی تۆ دروستە مارەی بکەی بۆ خۆت ° هەروا دروستە مارەکردنی ژنی رەبیب کە پێی ئەڵێن (کۆڵەوەس) هەروا ژنی باوە پیارە کە هەوێی دایکی ئینسانە دروستە مارەی بکەی ئەگەر مێردەکەی بمرێ یا تەڵاقی بدا ·

بەشی دووهەم ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر جەمعو کەوتنە یەك لەگەڵ ژنی ترا ، وە ئەم بەشە لە هەشت مەسەلەدایە ؛ مەسەلەی یەکەمو دووەمو سێهەمو چوارەم جەمعی ژنە لەگەڵ خوشکیا یا لەگەڵ دایکیا یالەگەڵ عەمەیا-خوشکیباوکی-یا لەگەڵ خاڵەیا خوشکی دایکی ؛ چونکی خودای تەعالا فەرموویەتی:(وان تجمعوا بین الاختین الا ما قدسلف)وە حەزرەت(د)فەرموویەتی:(لا تنکح المرأة علی عمتها ولا العمة علی بنت أخیها ولا المرأة علی

خالتها ولا الخالة على بنت اختها ــ لا الكبرى على الصغرى ، ولا الصغرى على الكبرى ـ رواه الترمذي وقال حسن صحيح) وه لەگەڵ دایکیشیا بە (قیاس الاولى) واتە ژن مارە ناکرێ بەسەر عەمەیاو عەمە مارە ناکرێ بەسەر برازایاو ژن مارە ناکرێ بەسەر خاڵەیاو خاڵە مارە ناکرێ بەسەر خوشکەزایا نە گەورەکەیان دێت بەسەر بچووکەکەداو نە بچووکەکەیان بەسەر گەورەکەدا ٠

مەسئەلەی پێنجەم : جەمعی دوو جارییە لە نیکاحا بۆ مێردێ کە حوڕ بێ ؛ چونکە بە یەك جارییە ئیکتیفا ئەکا ٠

مەسئەلەی شەشەم : جەمعی زیاتر لە چوار ژنە بۆ حوڕ وە زیاتر ، حەزرەت (د) فەرمووی بە (غیلان) کوڕی سەلەمەی ثەقەفی کە موسوڵمان بوو لەسەر دە ژن : (امسك اربعا وفارق سائرهن) چوار ژن لەو ژنانە رابگرە بۆ خۆتو جیابیەرەوە لە باقیەکەیان ٠ مەسئەلەی حەوتەم : جەمعە لە بەینی زیاتر لە دوو ژن بۆ ئینسانێ کە بەندە بێ ؛ ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لە لەیــــث ئەویش لە حەکەمی کوڕی عوتەیبە وتوویە : ئەصحابی پێغەمەر (د) ئیجماعیان کردووە لەسەر ئەوە کە بەندە زیاتر لە دوو ژن مارە نەکا ٠

مەسئەلەی هەشتەم : جەمعە لە بەینی دوو مێردا بۆ تاقە ژنێ ئەمە لە دینی ئیسلاما مەمنووعە بە ئیجماع ٠ وە ئەگەر دوو عەقد جاری ببن لە لایەنی دوو کەسەوە بەسەر تاقە ژنێکدا ئەوە ئەگەر بە ثانێ بێ هەردوویان بەتاڵن وە ئەگەر بــەرودوا بــن پێشووەکەیان دروستەو دوایی بەتاڵە وەکو تەفسیل دراوە ٠

بەشی سێهەم : ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر ئیشتیباه پەیدا بوون لە بەینی ژنێکی وا کە نیکاح ئەکرێ بە ژنانێکی وەهاوە کە نیکاحیان دروست بێ · وەکو ئیشتیباهی ژنێ کە حەرام بێ بە نەسەب یا بە رەضاع یا بە موصاهەرە ، یا لەبەر لیعان یا لەبەر وەثەنییەت یا لەبەر ئەوە کە لە عیددەدا بێ ، یا سێ تەلاقەی کەوتبێ ، یا لەبەر ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە ··· لەم صوورەتانەدا ئەگەر ئەو ژنە تێکەڵی ژنانی بێگانەی مەحصوورە بوون وەکو : دە ، بیست ، صەد ، دووصەد ، سێصەد ·· ئەمە بە قەطعی نابێ لەم ژنانەدا ژن مارە بکا · وە ئەگەر تێکەڵی غەیرە مەحصوورات بوون وەکو : هەزار نۆصەد ، هەشتصەد ، حەوتصەد ·· ئەمە بە قەطعی دروستە ژنێ لەم ژنانە مارە بکاو موبالات بەو ئیشتیباهە ناکرێ لەبەر عوسرەتی پارێز · وە ئەگەر تێکەڵی مابەینی سێصەدو حەوتصەد بوو ئەوە پرسیار لە دڵی خۆی بکا : ئەگەر بیری هاتە سەر ئەوە کە ئەو ژنە مارەی ئەکا حەرامەکە نیە دروستە مارەی بکا ، ئەگەر نا حەرامە مارەی بکا لەبەر دوودڵییەکەی (علی المعتمد) ·

بەشی چوارەم : ئەو ژنانەن کە نیکاحیان حەرامە لەبەر وجوودی مانیعێ لەو عەقدەدا وەکو ئەو نیکاحە مەشهوورە بە (نیکاحی شیغار) و صوورەتەکەی ئەوەیە : کابرا ئەڵێ بە کەسێ : وا کچەکەم لێ مارەکردی لەسەر مەرجی ئەوە تۆیش کچەکەی خۆتم لێ مارەبکەیو چوونەلای کچەکەی تۆ مارەیی کچەکەی من بێ ، وە چوونەلای کچەکەی من مارەیی کچەکەی

تۆبێ ‥ وە کابرای موقابیلیشی ئەم نیکاحە قەبووڵ بکا بەم شێوە ئەڵێ : وا کچەکەی تۆم قەبووڵ کرد بە ژنی خۆم‌و کچەکەی خۆمم مارە بڕی لە تۆ لەسەر ئەو یاسا کە تۆ بڕیارت دا • وە سیڕڕی دانەمەزرانی ئەم عەقدە ئەمەیە کە خاڵییە لە ئیحتیرامی مەنکوحەکان ؛ چونکی ئەگەر ناوی مارەیی نەبرێ باشە لەبەر ئەوە لە پاش دوخول (مهر المثل) دائەمەزرێ بۆ ژنەکان ، بەڵام چوونەلای ئەم کچە مارەیی ئەو کچە بێ‌و چوونەلای ئەو کچەتە مارەیی ئەم بێ ئەوە ئەبێ بە گاڵتەکردن بەشەرافەتی هەردو لایان‌و شتی وەها لە دینا نیە • لەبەر ئەمە ئەگەر حەتا لەگەڵ ئەم مەرجەدا ماڵیش دابنرێ بۆیان هەر عەقدەکە بەتاڵە • وە وەکو نیکاحی موتعە کە پێی ئەڵێن (صیغه) بەم شێوە ئەڵێ : ئەم ژنەم لێ مارەکردی بە وادەی حەفتەیێ یا مانگێ یا ساڵێ یا زیاتر ؛ چونکی حەزرەت (د) نەهی‌کردووە لەم جۆرە نیکاحە ، وە وەکو لە پاش چەن ئایەتێ بە درێژی باسی ئەکەین (انشاء الله) • وە وەکو ئیحرامێ کە تەسادوفی کاتی ئیحرامی ژنەکە یا پیاوەکە یا هەردووکیان بکا ؛ چونکی حەزرەت فەرموویەتی : (لا ینکح المحرم ولا ینکح) واتە : کەسێ لە ئیحراما بێ نە ژن دێنێ‌و نە ئەدرێ بە شوو • وە وەکو نیکاحێ کە دوو وەلی بیکەن ؛ بەم شێوە برایێ خوشکەکەی مارە ببڕێ لە زەیدو برایەکی تر مارەی ببڕێ لە عەمر • ئەگەر بە یەکەوە بن یا پێش‌و پاش لەو دوو عەقدەدا دیار نەبێ • وە وەکو نیکاحی ژنێ کە لە عیدەدا بێ وە یا لە ماوەی (استبرا) دا بێ ؛ چونکی شەرتی نیکاح خاڵی

بوونی مەنکووحەیە لە نیکاح و لە عیدەی غەیری خۆی • وە وەکو نیکاحی ژنێ لە عیدەدا بێ و گومانی ئەوەی هەبێ کە حامیلەیە لەبەر قورسی لەشی (مەثەلا) یا لەبەر جوولانی شتێ لە سکیا •• ئەمە بۆی نیە شوو بکا هەتا ئەو گومانەی لائەچێ •

وە وەکو نیکاحی ژنی کافری غەیرە کیتابی ، یانی بت‌پەرست یا ئاگرپەرست بێ (مەثەلا) ، وە ئەسما نیکاحی کیتابییە ئەوە دروستە ئەگەر شەرتەکەی بێتە جێگە • وە وەکو نیکاحی سەیید یانی مالیکی جارییە بۆ جارییەکەی لەبەر ئەوە کە ئەو نیکاحە ناکەوێتە یەك لەگەڵ مولکدا لە ئاسارا •

وە ئەو نیکاحانە کە مەکرووهن • وەکو نیکاحی ژنێ بە خوازبێنی لەسەر خوازبێنی ناشەرعی مارەکرابێ . وە وەکو نیکاحی (محلل) ئەگەر شەرتی تەڵاقدانی ژنەکەی پاش چوونەلای لەناو عەقدەکەدا بەیان نەکرابێ • ئەگەر بەیان‌کرابێ ئەوە نیکاحەکە حەرامەو چوونەلای ژنەکەیش حەرامە • وە وەکو نیکاحی ئینسانێ کە مەغروور کرابێ بەوە ئەو ژنە مارەی ئەکا موسوڵمانە یا حوڕەیە ، وە نیکاحی پیاوی موسوڵمان بۆ ژنی یەهوودییە یا نەصرانییەیێ کە ذیمەی ببێ یا حەربییە بێ ، وە نیکاحی ژنێ کە نەخۆشینێکی ببێ ، یا خود ژنەکە فاسقە بێ یا کچی فاسق بێ ••• وە ماعەدای ئەمانە باسمان کردن حەڵاڵن خواه سوننەت بن یا واجب بن ، وەکو نیکاحێ کە ببێ بە هۆی مەنعی زینا لە خاوەنەکەی و هەر نیکاحیش دەست بدا لەو کاتەدا بۆ دەفعی ئەو زینایە ••

وەلحاصل نیکاح واجبو مەندووبو مەکرووهو حەرامو حەلاڵی هەیە ، واتە : ئەحکامی خەمسەی بەسەردا دێت ؛ موباحە بۆ کەسێ مەسرەفی ببێ بەڵام موحتاجی ژن نەبێ ، وە سوننەتــە بۆ کەسێ موحتاجو موشتاق بێ بۆ ژن مادام مەسرەفی ببێ ، وە مەکرووهە بۆ کەسێ موحتاج نەبێو مەسرەفی نەبێ • وە واجبە لەسەر کەسێ کە موشتاق بێ بۆ ژنو بەبێ نیکاح چاری خۆی نەکا لە زیناکردن • وە حەرامە لەو هەمــوو صوورەتانـــــەدا باسمانکردنو لەسەر کەسێ کە موحتاجی ژن نەبێو مەسرەفـــی نەبێو عیللەتێکی وایشی ببێ مەنعی بکا لە موباشەرەی ژن ئەگەر ئەو ژنە کە مارەی ئەکا ئیشتیاقی بۆ مێرد بە نەوعێ ببێ کە بەـ بێ مێرد گیرۆدەی زینا ببێ •

وە بازێ لــە فوقەها لــە زەبتی موحەڕەماتی نیکاحـــا فەرموویەتی : سیویەك ژن نیکاحی حەرامە : پێنج دایك : دایکی نەسەب ، دایکی رەضاع ، دایکی ژن ، دایکی مەوطووئە بـــــە (ملك اليمين) ، دایکی مەوطووئەی شوبهە • وە پێنج کچ : کچی نەسەب ، کچی رەضاع ، کچی ژن ئەگەر مەدخولە بێ ، کچـــی مەوطووئەی (ملك اليمين) ، کچی مەوطووئەی شوبهـــــە • وە شەش مەوطووئە : مەوطووئەی باوك بە نیکاح ، وە بە (ملـــك اليمين) ، وە بە شوبهە ، وە مەوطووئەی کوڕ بەم سێجۆرە • وە سێ خوشك : خوشکی نەسەبی ، خوشکی رەضاع ، خوشکی ژن لە حاڵەتی جەمعدا • وە سێ خاڵە : خاڵەی نەسەب ، خاڵەی رەضاع خاڵەی ژن لە کاتی جەمعدا • وە سێ عەممە : عەممەی نەسەب ،

عەممەی رەضاع ، عەممەی ژن لە کاتی جەمعدا • وە سێ کچی برا : کچی برای نەسەب ، کچی برای رەضاع ، کچی برای ژن لە کاتی جەمعی لەگەڵ ژندا • وە سێ کچی خوشك : کچی خوشکی نەسەب ، کچی خوشکی رەضاع ، کچی خوشکی ژن لە کاتی جەمعی لەگەڵ ژنەکەیدا • وە زیاد ئەکرێ لەسەر ئەمانە ژنێ کە لیعانت کردبێ لەگەڵیا ؛ چونکی ئەویش حەراسی دەوامدارە • وەکو لە شەرقاوىدا ئەمانە ئەڵێ •

﴿ والمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّساءِ ﴾ :

فەرموودەی خــودا (والمحصنات مــن النســاء) مەعطووفە لەسەر (امهاتکم) وە لە ژمارەی ئەو ژنانەیە کــە نیکاحیان حەرامە • واتە هەروا حەرامکراوە لەسەرتان ئــەو ژنانە کە پارێزراون لە زینا بە هۆی مێردەوەو خاوەن مێردن •

﴿ اِلاَّ ما مَلَكَتْ أَيْمانُكُمْ ﴾ :

ئیللا ئەو ژنە خاوەن مێردانە کەدەستی ئێوە داگیری ئەکاو ئێوە ئەبن بە مالیکیان بە هۆی دیلکردنیانو گرتنیان لە کافــرە جەنگاوەرەکان ئەوانە هەرچەن خاوەن مێرد بن مادام لە جەنگــا گیرانو لە پاش حەربەکە بەشکران بەشی هەرکەسێ ببن دروستە بۆی بڕواتە لایان ، بەڵام ئەگەر حامیلە بوون لە پاش ئــەوە سکەکەیان لێ ئەبێتەوەو پاك ئەبنەوە لە زەیسانی ، وە ئەگــەر حامیلە نەبن پاش ئەوە ئیستیبرا بکرێن بە تاقە حەیزێكو لــەو حەیزە پاك ببنەوە •

﴿ كِتَابَ اللهِ عَلَيْكُمْ ﴾ :

واتــه خودای تەعالا حەرامی ئەو ژنانە کە باسمان کردن لە ئایەتی (ولا تنکحوا ما نکح اباؤکم) ەوە هەتا ئێرە هەمــووی نووسیوە لەسەر ئێوە بە نووسینو هەمووی قەرارداوە لەسەرتان.

﴿ وَأُحِلَّ لَكُمْ ما وَراءَ ذَلِكُمْ ﴾ :

وە حەڵاڵی کردووە بۆ ئێوە نیکاحی غەیری ئەم ژنانە ئیللا ئەوانە نەبێ کە حەزرەت (د) بە فەرموودەی خــۆی جیـــای کردوونەتەوە وەکو جەمع لە بەینی عەممەو خاڵــەی ژن لـەگەڵ ژندا .

﴿ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْــرَ مُسافِحِينَ ﴾ :

حەڵاڵمان کرد بۆ ئێوە غەیری ئەو ژنانە باسمانکردن لەسەر ئیرادەو خواستی ئەوە بیانخوازن بە سەرفی ماڵی خۆتان لـــە مارەییداو خۆتان بپارێزن لە زیناو ئاوی خۆتان بە ناشەرعـــی نەرێژنو زایەی نەکەن .

﴿ فَما اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ﴾ :

جا هەرکام لەو ژنانە کە لەزەتتان وەرگرت لێیانو چوونە لایان مارەییەکەیان پێبدەن لەسەر ئەساسی ئەوە کە فـــەرزەو حەقێکە خودا واجبی کردووە لەسەرتان .

﴿ وَلا جُناحَ عَلَيْكُمْ فِي ما تَراضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الفَرِيضَةِ ﴾ :

وە گوناحتان لەسەر نیە لە کەمکردن یا زیادکردنی ئـــەو

ئەندازە کە پێی‌رازی ئەبن لە پاش قەراری مارەییە واجبەکـە ، واتە ئەگەر پیاوەکە شتێ زیاتر بدا بە ژنەکە وە یا ژنەکە شتێ لە مارەییەکەی کەم بکات دروستە •

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (٢٤)

بە راستی خودا زانایە بە سوودی عالەم‌و خاوەن حیکمەتـە لەهەر حوکمیکا قەراری بدا •

بێدار بن ! بازێ کەس وتوویانە : ئەم ئایەتی (فمـــا استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن) نازڵ‌بووە بۆ دامەزراندنی نیکاحی موتعە کە مەشهوورە بە (صیغە) و عیبارەتە لە نیکاحێکی مووەقەت ، بە چەن رۆژێ لەسەر میقدارێ پارە وە کاتێ ماوەکە تەواو بوو نیکاحەکە فەسخ ئەبێتەوە بەبێ تەڵاقدانی کابـــراو ژنەکەیش لە پاش ئەوە کاتێ یەك حەیزی بەسەرا هات‌و پاکەوە بوو ئەتوانێ لەگەڵ کەسێکی ترا رێ‌بکەوێ • وە ئەو کەسانـە چەن دەلیلیان هێناوەتەوە لەسەر ئەم داوایە :

یەکەم : بەکارهێنانی (استمتاع) و کەلیمەی (اجور) ؛ چونکی ئیستیمتاع لەزەتێکی وەختییەو ئوجوور بەمانا کرێیـــە لەسەر ئەو ئیستیمتاعە •

دووهەم : قیرائەتی ئیبن‌و مەسعوود کە خویندوویەتیەوە (فما استمتعتم به منهن الی اجل مسمی) •

سێهەم : ثوبوتی ریوایەتی حەڵاڵی‌ی موتعە لە گەلێ زاتی زانای گەورەوە بە تایبەتی حەزرەتی ئیبن‌و عەباس (خ) •

وە جومهووری ئەهلی دین لە وەڵامی ئەمانەدا فەرموویانە :

جوابی دەلیلی یەکەمتان ئەمەیە کە : ئیستیمتاع بریتییە لـــە لەزەتوەرگرتن لە ژن ، وە ئەمە لە نیکاحی دەوامدارا زۆرترە لە نیکاحـــی مووەقەت ، وە کەلیمـــــەی ئوجـــوور وەکـــو بـــۆ کـــرێ ئیســـتیعمال ئـــەکرێ بـــۆ مارەییش ئیستیعمال ئەکرێ وەکو لە پاش ئەم ئایەتەوە خودا ئەفەرموێت : (فانكحوهن باذن أهلهن وآتوهن اجورهن بالمعروف) وە لـــە ئایەتی پێنج لە سوورەتی مائیدەدا خودا فەرموویەتی (والمحصنات من الذين اوتوا الكتاب من قبلكم اذا آتيتموهن اجورهن محصنين غير مسافحين) وە لە سوورەتی ئەحزابا لە ئاخـــری ئایەتـــی سیوسیدا خودا فەرموویەتی بە حەزرەت : (انا احللنا لك ازواجك اللاتي آتيتهن أجورهن) وەکەلیمەی (اجور) لەم هەموو ئایەتانەدا بە مانا مارەیییە بە بێ خیلاف ، کەوابێ (اجور) لە ئایەتەکەی خۆیشمانا عیبارەتە لە مارەیی بۆ ژن لە نیکاحی بە دەوامـــا • وە جوابی دەلیلی دووەم قیرائەتی (الى اجل مسمى) لە قیرائەتـــی شازەیەو ئیستیدلالی پێناکرێ نە لەم رووەوەکە قورئانەو نە لەو رووەوە کە فەرموودەی حەزرەتە لەبەر ئەوە قورئان ئەبێ (قطعي الثبوت) بێ ، وە فەرموودەی حەزرەت کاتێ ئیستیدلالی پـــێ ئەکرێ کە ئیسنادی سابت بێ ، وە لەسەر تەقدیری ثوبووتی ئـــەو عیبارەتە ئەڵێین وەختی خۆی سابت بـــــووەو لـــە ئەنجامـــا نەسخکراوەتەوە وەکو لەمەولا باسی ئەکەین •

وە جوابی دەلیلی سێهەم ئەمەیە کە : لە نەفسی حەزرەتـــی عەلی (ك) لە ئیبنو عەباسەوە سابت بووە کە فەتوایان داوە بەوە موتعە حەرامە •

ئەمما لە حەزرەتی عەلی‌یەوە (ك) ئەوە ئیمامی مالیك ریوایەتی کردووە لە زوهری لە عەبدوڵلاو حەسەن کوڕانی محەمەدی حەزرەتی عەلی کە مەشهوورە بە (محمد بن حنفیة) و یەکێ بووە لە کیباری عالمانی ئەهلی بەیت ریوایەتی کردووە لە باوکیەوە ـ کە حەزرەتی عەلی‌یە ـ کە فەرموویەتی حەزرەت (د) نەهی کردووە لە موتعەی ژنان‌و لە خواردنی گۆشتی کەری خانەکی ٠

هەروا محەمەدی کوڕی حەنەفیە ریوایەتی کردووە کە حەزرەتی عەلی رابورد بەلای ئیبن‌و عەباسا لەو کاتەدا کە فەتوای ئەدا بە حەلاڵی موتعە وە پێی فەرموو : چۆن فەتوای وەها ئەدەی ؟ حەزرەت (د) نەهی کردووە لە موتعەو لە گۆشتی کەری خانەکی ٠

وە ئەمما لە ئیبن‌و عەباسەوە ئەوە عەطای خۆراسانی لە ئیبن‌و عەباسەوە لە باسی مەعنای ئایەتی (فما استمتعتم به منهن فآتوهن اجورهن) دا فەرموویەتی : ئەم ئایەتە مەنسووخە بە ئایەتی (یا أیها النبي اذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن) واتە ژنی وەرگیراو بە موتعە ئەگەر ژنی شەرعی بوایێ تەلاقێ‌ئەدراو عیددەی ئەبوو (مع انه) نە تەلاق‌و نە عیددەی هەیە ٠

هەروا ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە کە لە کاتی وەفاتیا فەرموویەتی : (اللهم انی اتوب الیك من قولی في المتعة والصرف) ، وە مەبەس لە صەرف ئەوەیە کە سەردەمێ فەتوای بە

(ربا الفضل) ئەدا له كاتي پارەگۆڕینەوەدا ، وه له ئەنجاما كه ئەحادیثی حەزرەت دەرکەوتـــن لەلایـــا لـــەو فەرموودەیـــه پەشیمان‌بووەوه ٠

بزانن ! ئیمامی نەوەوی له شەرحی صەحیحی موسلیمـــدا فەرموویەتی : ئەوەی كه صەواب‌و موختاره ئەمەیه كه دوو جار حەلاڵی‌و حەرامی هاتوون بەسەر نیكاحی موتعەدا ؛ له پێش غەزای خەیبەردا موتعه حەلاڵ‌كراوه وه له غەزای خەیبەردا حەرام‌كرا ، وه جارێكی تر له فەتحی شاری مەككەداو له غەزای (اوطاس) دا حەلاڵ كرا ، وه پاش ئەمه به سێ رۆژ حەزرەت (د) حەرامی كرد هەتا قیامەت ، وه ئیجماع لەسەر ئەمه سابت بوو ، واته نەســـخ بەسەر حەلاڵی‌ی نیكاحی موتعەدا هات له فەرموودەی حەزرەتـــا (د) وه به نەصی قورئانی كەریم ٠

ئەمما سوننەت ئەوه رەبیعی كوڕی سبرەی جوهەنی ریوایەتی كردووه له باوكیەوه ئەڵێ : له كاتی سبەینێدا گەییشـــتم بـــه حەزرەت (د) له حەرەمدا له ناو بەینی روكن‌و مەقاما پشتی‌دابوو به دیواری كەعبەوه فەرمووی : (یا أیها الناس اني امرتكـــم بالاستمتاع في هذه النساء ، ألا وان الله قد حرمها علیكم الی یـــوم القیامة ؛ فمن كان عنده منهن شيء فلیخل سبیلها ولا تأخذوا ممـــا آتیتموهن شیئا) واته ئەی ئادەمیزاد من فەرمانم پێدان بەوه كـــه موتعه حەلاڵه له ژنان ، ئاگاداربن به راستی خودای تەعالا حەرامی كرد له سەرتان هەتا رۆژی قیامەت ، وه هەركەسێ له ئێوه لـــەم ژنانەی لەلایه با بەرەلای بكاو لەو ماڵەیش پێتان داون نه كـــەم

نه زۆر هیچیان لێوەرمەگرنەوە ·

وە ریوایەتکراوە لە حەزرەتەوە (د) فەرموویەتی : (متعة النساء حرام) ، وە ئەم ریوایەتانە ئیمامی واحیدی لە کتێبی (بسیط) دا نەقڵی کردوون ·

وە ئەمما ناسیخ لە قورئانی کەریمدا وەکو ئایەتی : (والذين هم لفروجهم حافظون الا على ازواجهم أو ما ملكت ايمانهم فانهم غير ملومين فمن ابتغى وراء ذلك فأولئك هم العادون) واتە : بە راستی رزگار ئەبێ لە عەزابی رۆژی قیامەت ئەو کەسانە کە عەورەتی خۆیان ئەپارێزن ئیللا لە ژنەکانیان یا لەو جارییانە کە موڵکیانە وە ئەوانە سەرزەنشیان ناکرێ لەسەر ئەم ژنانە ، وە ئەم جارییانەو هەرکەسێ غەیری ئەمانە داوای شتێکی تر بکا بۆ تەمەتوعو لەزەتو شەهوەتبازی ئەوانە لە فەرمانی خودا لایانداوەو موتەجاویزن لە حودوودی دین ·

وە جومهووری عالمەکان ئیستیدلالیان کردووە بەم ئایەتە لەسەر ئەوە کە نیکاحی موتعە بەتاڵەو نابێ بە هۆی لەزەتوەگرتنی حەلاڵ ؛ چونکە خودای تەعالا حەسری موباشەرەی حەلاڵی کردووە لە زەوجەو لە مەملوکەداو ئەم ژنە کە بە موتعە وەرئەگیرێ نە ژنەو نە مەملووکەیە ؛ چونکی ئەگەر ژن بوایێ پێویست بوو میراتی وەربگرتایە لە پیاوەکەیو ئەویش میراتی وەربگرتایە لەم (مع انه) کەسیان میرات لە کەسیان وەرناگرن · وە ئەمە مەعلوومە ، وە ئەگەر ژن بوایێ ئەبوو عیددەی لەسەر بوایێ ؛ چونکی خودا بۆ ژنێ کە لە مێردەکە جیاببێتەوە عیددەی واجب

کردووه (مع انه) ژنی موتعه عیددەی نیه • وه ئەگەر ژن بوایێ ئەبوا ئەگەر منداڵێکی لێ ببێ نەسەبی سابت بوایێ لە کابـــرا کەچی وا نیه • وه دیاره وەکو ژنی کابرا نیه مەملووکەیش نیه ، وه هەر ژنێ ئینسان تەمەتوعی پێ بکا ژنی شەرعـــی نەبـــێ مەملووکەیش نەبێ ئەوه تەمەتوع بەو ژنه به نەصی ئەو ئایەتـه تەجاوزه لە حودوودی دینو خاریجه لە شەریعەتی ئیسلام •

هەروا جومهوور ئیستیدلالیان کردووه بەوەی سابت بـــووه خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەتاب لە خوتبەدا لە حوزووری کۆمەڵێ لە کیباری ئەصحابەدا فەرمووی : ئەو موتعه کراوه لـه زەمانی حەزرەتا من نەهی ئەکەم لە کردنیو عیقابی موباشیرەکەی ئەدەمو ئەم قسەیه لە حوزووری کۆمەڵێ لە پیاوه گەورەکانـدا کردووه کەسیان ئینکاریان نەکردووه ، وه ئەو قسەیـش کـــه بڵاوبووەتەوه کەس ئینکاری نەکردووه ، وه ئەمەیش ئەبێ بـــه دەلیل لەسەر ئەوه کە موتعه هەرچەن لە بازێ کاتا حەڵاڵ بووبـێ لە صەدری ئیسلامدا بەڵام حەزرەت (د) لە ئاخرا مەنعی کردووه ، ئەگەرنا عومەر نەیئەتوانی ئەم خوتبه بدا لە ناویانا •

وه بزانن ! لە هۆی نوزوولی ئایەتی (والمحصنات من النساء)وه ئـەبو داودو ترمذي لـــه بابـــی نیکاحا ریوایەتیانکردووه لـه ئەبو سەعیدی خدرییەوه (خ) کاتی روداوی جەنگی ئەوطاس چەن ژنێك گیرانو بەشکرانو کەوتنه بەشی موحارییبەکانەوه ئـــەو ژنانه مێردی کافریان هەبوو وه ئێمه پێمان نابار بوو بڕۆینه لایان لەبەر ئەوه کە مێردیان هەیه ، وه پرسیارمان کرد لە حەزرەت (د)

وە پاش ئەو پرسیارە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە ئەمەی گەیانـــد عیسمەتو عەقدی نیکاحی کافر نرخی نیەو دروستە بڕۆنە لایـان بەڵام لە پاش وەزعی حەمل لە ژنی حامیلە وە لە پاش ئیستیبرا بە حەیز لە ژنی غەیرە حامیلەدا • وە بە عەلاوەی ئەمانە سابت بووە وەکو لە پێشەوە لە تەفسیری سوورەتی بەقەرە ئایەتی (ولا تنكحوا المشركات) دا باسمان کرد کە تا موسوڵمان نەبوون ژنە دیلەکان نەچوونەتە لایانو وەطئی مەملووکەی موشریکە دروست نیە •

﴿ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلاً أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ ما مَلَكَتْ أَيْمانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ﴾ :

واتە : هەرکەسێ لە ئێوە تەوانای نەبێ لە هۆی داراییەوە کە لە ژنانی داوێنپاکی موسوڵمان مارە بکا ، واتە ئەو ئەندازە ماڵەی نەبوو بیدا بە مارەیی ئەو ژنەدا با مارە ببڕێ بۆ خـــۆی لەوانەی کە مەملووکەن لە کچە موسوڵمانەکانتان •

﴿ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمانِكُمْ ﴾ :

وە لە هۆی ئیمانەوە قەناعەت بکەن بە نیشانەی دیاریو زۆر مەکەونە ناو دوو دڵیو خەیاڵاتەوە •

﴿ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ ﴾ :

ئێوەو ئەو مەملووکانە بازێکتان لە بازێکتانن ، یانی ریشەو نەتەوەتان ئەگاتەوە بە یەك هەمووتان ئەڕۆنەوە سەر ئـــادەمو حەواء هەر بەوە کە ئیستە ئەوان خادیمەو کەنیزن بە سووکیو

بێباکی مەڕوانن بۆیان ئەگەر لەبەر بازێ یاسا نەبێ هیچ فـەرق نیە لە بەینی حوڕەو جارییەدا •

﴿ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ﴾ :

مادام دڵتان هاتە سەر مارەکردنیان مارەیان بکەن بە ئیجازەی خاوەنەکانیانو مارەییەکەیان تەسلیم بکەن پێیان با بیبەن بۆیان بە یاسایەکی راستانەو کەمو زۆریان تیا مەکەن •

﴿ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ ﴾ :

وە (بالذات) لەو جارییانە مارە بکەن کە خاوەن پارێـزو شەرمو شکوە بن ، نەك لەوانە کە زیناکارو رسـواو نابـارو بێعارن •

﴿ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ ﴾ :

وە لەو کەنیزەکە بێئەدەبە فێڵبازانە نەبن کە دۆستو یاری پەنامەکییان گرتووە بۆ خۆیان هەتا بە زاهیر ژنی ئێوە بنو لـە پەنامەکیدا یارو دڵداری پیاوە بێناموسەکان بن •

﴿ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ﴾ :

جا کاتێ ئەو ژنانە پارێزران لە گوناحباریو لە زیناکاری بە هۆی مێردەوە ئەگەر هاتن بە تاوانی ناهەمواری زینـا ئـەوە لەسەریانە نیوەی ئەو عەزابە کە لەسەر حوڕەکان هەیە ، واتـە لەسەریانە چەڵدی پەنجا دارو دوورخستنەوە بۆ مەسافەی قەسـر

تا شەش مانگ ، کەوابێ ئەبێ جارییەی زانیە قەت سەنگەسار نەکرێ • وە (مشبەبە) بۆ ئەم جاریە مەملووکانە ئەبێ موحصەناتی بیکر بێ ؛ چونکی ئەگەر موحصەناتی بێوە بن رەجم ئەکرێن و رەجم نیوەی نیە •

﴿ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ العَنَتَ مِنْكُمْ ﴾ :

وە ئەم جەوازی مارەکردنی مەملووکەیە بۆ کەسێکە کە ترسی گیرۆدەبوونی ببێ بە زینا • وەلحاصل دروست نیە بۆ ئینسانی ئازاد کە جاریە مارە بکا ئیللا بە سێ شەرت یەکەم : مارەیی ژنی حورەی نەبێ • دووهەم : ئەو کەسە لە ژن نەهاوردنا ترسی زینای ببێ • سێهەم : ئەو جارییەیە کە مارەی ئەکا موسوڵمان بێ •

﴿ وَأَنْ تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَكُمْ ﴾ :

بەڵام خۆگرتنتان لە مارەکردنی جارییەی مەملووکە چاترە بۆتان ؛ چونکی بە هۆی نیکاحی ئەوانەوە منداڵەکانتان ئەبن بە عەبدو جارییە بۆ خاوەن جارییەکان •

﴿ واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ : (٢٥)

وە خودا تاوانپۆشە بۆ کەسێ سەبر نەکاو میهرەبانە ؛ چونکی روخسەتەکەی داوە •

﴿ يُرِيدُ اللهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ ﴾ :

خودای تەعالا لە رووناککردنەوەی ئەم ئەحکامی نیکاحانەدا لە حەڵاڵو حەرام خواستی ئەوەیە کە ئەحکامتان بۆ رووناکبکاتەوە

هەتا بزانن چی حەڵاڵەو چی حەرامەو شارەزاتان بکا لە رەفتاری ئەو کەسانە کە لەپێش ئێوەدا بوون چۆن فەرمانی پێغەمەرانـــی وەرگرتووەو حەڵاڵیان بە حەڵاڵ داناوەو حەرامیان بە حـــەرام داناوە •

﴿ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ﴾ :

وە خواستی لەسەر ئەوەیشە کە تەوبەتان لێ قەبووڵ بکـــا ..اتێ گەڕانەوە بۆ لای لە پاش تاوانباریو نافەرمانی خودا •

﴿ وَاللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ : (٢٦)

وە خودا زانایە بە هەموو شتێو خاوەن حیکمەتە لە هەمـــوو تەشریعاتێکدا •

﴿ وَاللهُ يُرِيدُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْكُمْ ﴾ :

خودا خواستی لەسەر ئەوەیە تەوبەتان لێ قەبووڵ بکـــا ؛ ..ونکی مادام ئەحکامی بەیانکرد هەرکەسێ هەموویان بەجێبێنێ ئەوە ئەگا بە پایە ، وە هەرکەسێکیش نافەرمانی بکاو لە پاشـــا ..ەڕێتەوە بۆ لای خودا ئەوە خودا رەحمی پێ ئەکا •

﴿ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُـــونَ الشَّـــهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلاً عَظِيماً ﴾ : (٢٧)

وە ئەو کافرانەیش کە بە دەوام هەر وان بە شوێنی ئارەزووی نەفسەوەو ئەیانەوێ لە رابواردنا فەرق نەخەن لـــە بەینـــی مارەکراوی باوکو باپیرەو غەیری ئەوانا ، وە فەرق نەخـــەن لە بەینی دایکی زنو غەیری ئەوا ••• بە کورتی ئەیانـــەوێ کە ئەحکام نەیەتە خوارەوە بۆ ئەوە دنیا بە ئارەزووی ئەوان بێ ،

وه هەرچی کە نەفسیان داوای ئەکا بیکەن ئەمانە ئەیانەوێ کـە ئێوەیش لادەن لە ڕێگای ڕاست بە لادانێکی تەواو ·

﴿ یُرِیدُ اللهُ أَنْ یُخَفِّفَ عَنْکُمْ ﴾ :

وە خودا خواستی وایە کە باری سەرشانتان سووک بکـــا ، بۆیە لە کاتێکا دەستان نەڕوا حوڕە مارەبکەن ڕەوای داوە بۆتان جارییەی مەملووکە مارەبکەن ·

﴿ وَخُلِقَ الأنْسانُ ضَعِیفاً ﴾ : (٢٨)

وە ئەو بارەی سەرشانی ئێوەیە بۆ ئەوە سووک ئەکا چونکی ئینســـان دروســـت کراوە بە شێوەیێ کـــە ناتوانـــێ بەرانگاری گەلێ ناباری ببێ لە ئەحکاما · جا مادام ئەحکامی بۆ سووک کرا ئەویش تا ئەندازەیێ ئەتوانێ لەگەڵیانا دەوام بکا ·

جا لە کاتێکا خودای تەعالا باسی خزمایەتی موصاهـــەرەو موناکەحەی کرد کە لە پێویستی ئادەمیزادە لە ماوەی ژیانیا بـــۆ ئەوە کە بە یاسای دین ئارەزووی نەفسی خۆی بەجێبێنـــێو بۆ نەتەوەسازیو بۆ یارمەتی لە گیرو گرفتی ژیوارا ·· هات باسی موعامەلەو تێکەڵیی ئادەمیزادی کردو فەرمووی :

﴿ یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا لا تَأْکُلُوا أَمْوالَکُـــــمْ بَیْنَکُمْ بِالباطِلِ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام ماڵو دارایی خۆتان لەناو خۆتانا بە یاسای ناشەرعی مەخۆن خواه بێ تۆڵـــە بێ وەکو دزینو داگرتنو غەشکردن لە مامەڵەداو دەستپیسی لە ئەمانەتاو کەمو زۆر کردن لە کێشانەو پێوانەداو قومار کردن ،

یا له بەرابەری تۆڵەی ناپەسەندو ناڕەوا وەکو فرۆشتنی شتیپیس بە وێنەی عارەق‌و باقی (مخدرات) ، وە وەرگرتنی ماڵی خەڵك لە بەرابەری شتێکەوە کە پارەخۆر ئەو شتە نەکا وەکو وەرگرتنی پارە بەرابەر بە وەزیفەیەك کە وەزیفەکە جێبەجێ نەکا هەروا هەر ماڵێ کەسێ وەریبگرێ لەو کەسانە کە گومانیان وایە ئـەم پارەوەرگرە ئەو سوودەی هەیە کەچی لە واقیعا نەیشیبــێ ..
ئەمانە هەموو بەر یاساى خواردنی ماڵی خەڵك ئەکەوێ بە بەتاڵ‌و ناشەرعی‌و کردەوەیەکی حەرام‌و ناپەسەندە بـــە تایبەتــــی سوودخواردن‌و بەرتیل‌و شیربایی‌و سوورانەو پووشانە .

﴿ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجارَةً عَنْ تَراضٍ مِنْكُمْ ﴾ :

بەڵام عەیبی تێدا نیە ئەگەر خواردنی ئەو ماڵە لەســەر یاسای تیجارەت واتە ئاڵ‌و وێرو مامەڵەکردن‌و گۆڕینەوەی ماڵ بە ماڵ بێ ، خواه ماڵ بە نەخت یا نەخت بە نەخت بێ بەم مەرجە لە راستیدا خواست‌و رەزای هەردوولای تێدابێ نەك بە رووبازی وەك مەشهوورە : (روویێ لە زۆرێ بەدترە) و بەم مەرجەیش هەر ئاداب‌و ئەرکانێ بۆ ئەو مامەڵە هەیە هەمووی جێبەجێ ببێ جا لەسەر ئەم ئەساسە واجبە لەسەر موسوڵمانان ئەوەی مومکین ببێ بۆیان لە ئادابی مامەڵە بیزانن وە یاخود لە کاتی مامەڵەکەدا پرسی زانایەکی راساڵ بکەن .

﴿ وَلا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ﴾ :

خۆتان مەکوژن ، یانی بازێکتان بازێکتان نەکوژێ ؛ چونکی لە پاش کوفر ـ پەنا بە خودا ـ کوشتنی ئینسان لـە هەمـــوو

گوناحەکان گەورەترو نابارترە٠وە یاخود بە هۆی بازێ تەقالیدی پووچو بێ ئەساس خۆتان بە برسیو تینوو مەکوژن ؛ چونکـــی ریازاتی ئینسان ئەبێ لەسەر یاسای سوننەتی حەزرەت بێ (د) وەکو رۆژووگرتنو کەمخواردنو زاهیدی لە دنیادا بە نەوعـێ نەبێ بە هۆی زایەکردنی حوقووقی واجبە کە لەسەر کابرایـــە وە یاخود خۆتان مەکوژن بە هۆی ئەوەوە بەبێ ئوسوولێ خۆتان بخەنە ناو فیتنەو ئاشووبێکەوە کە بە ئێوە چار نەکرێ لەبــەر چاوکردن لە خەڵك یا لەبەر شۆرەتی بێسوود ئەمانە هەمـــوو خیلافی دینی ئیسلامن ٠

﴿ اِنَّ اللهَ كانَ بِكُمْ رَحِيماً ﴾ : (٢٩)

بە راستی خودای تەعالا بەرابەر بە ئێوەو باقی ئەوانە کـە رێگای راست ئەگرن میهرەبانە ٠

﴿ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْواناً وَظُلْماً ﴾ :

وە هەرکەسێ کارێ بکا لەوانە کە خـــودا فەرمووبەتـــی مەیکەن لەبەر لادان لە حەقو ستەمکردن لە خەڵق ٠

﴿ فَسَوْفَ نُصْلِيهِ ناراً ﴾ :

لەمەولا ئەیهاوینە ئاگرەوە ٠

﴿ وكانَ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيراً ﴾ : (٣٠)

وە ئەمەیش ئاسانە لەسەر خودا ٠

﴿ اِنْ تَجْتَنِبُوا كَبائِرَ ما تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئاتِكُمْ ﴾ :

ئەگەر دوور بکەونەوە لەو گوناحە گەورانە کە نەهی کراوە لێتان لە کردنی ئەوانە ئێمە باقی گوناحە بچووکەکانتان دائەپۆشین بە ئیحسانو میهرەبانی خۆمان .

﴿ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلاً كَرِيماً ﴾ : (٣١)

وە ئەتانخەینە جێگەو ماوایەکی خاوەن حورمەتو کەرامەتەوە کە بەهەشتە .

بزانن ! لەسەر زاهیری قورئانو فەرموودەکانی حەزرەت (د) گوناحو تاوان کە بریتین لەو نافەرمانیانە بەسەر ئادەمیزادا دێن ، بچووكو گەورەو لە گەورە گەورەتریان هەیە ، وە ئەو کەسانە کە فەرموویانە گوناحی بچووك نیە مەبەسیان ئەوە بووە مادام تەماشای گەورەیی خودا بکەینو تەماشای قیمەتی فەرمانی ئەو بکەین ئەبێ هەموو نافەرمانییەك بە گەورەو بە خاوەن زیانو بە خەتەرناك تەماشا بکەین .

وە ژمارەی گوناحی گەورە زۆرن هەتا ئیبنوعەباس فەرموویەتی : نزیکی حەوصەد ئەبنەوە ، وە حەوت لەوانە بە نەصی فەرموودەی حەزرەت (د) بە (موبقات) ناوبراون ، یانی ئەو گوناحانە کە خاوەنەکەیان بە هیلاکا ئەبا ، وەك فەرموویەتی : (اجتنبوا السبع الموبقات : الشرك بالله ، والسحر وقتل النفس التي حرم الله الا بالحق ، واكل مال اليتيم ، وأكل الربا ، والتولي يوم الزحف ، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات) ئەم فەرموودە بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووەو لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێت : (الكبائر الاشراك بالله والسحر

وعقوق الوالدين وقتل النفس) وه بوخاری زیادی کردووه لەسەر ئەم ریوایەتە (والیمین الغموس) وە موسلیم لە باتی ئەمانــە ئەفەرمویت : (وقول الزور) وە مەبەس لە ناوبردنی ئەمانە بــە تایبەتی ئەوەیە کە ئەمانە خەتەرو زیانیان بۆ دین زۆر زۆرترە لە باقیەکان ئەگەنا گوناحی کەبیرە بەمانە تەواو نابن ٠

تەماشا بکەن ئیبنو حەجەری هەیتەمی لــــە زەواجــیرا ئەگێرێتەوە لە (شیخ الاسلامی علائی) یەوە کــە تەسنیفــی جوزئێکی کردووە لە گوناحی کەبیرە ، بەشێکیان حــەزرەت (د) نەصی ناوە بەوەدا کــەکەبیرەن ئەوانە : شــیرك ، قەتل ، زینا ، وە ناشیرینترییان زینا لەگەڵ ژنی دراوسێدا ، راکردن لە حەربی کوفارا ، خواردنی سوود ، خواردنی ماڵی هەتیو ، بوختانکــردن بۆ ژنی بە شەرم ، جادووگــەریی ، زمانبەرەڵاکردن لــە ناموســی موسوڵمانــا بــە ناحەق ، شــەهادەتی درۆ لــە دادگادا ، فیتنەییکردن ، دزیکردن ، شەرابخواردن ، هەتکی خانەی خودا واتە کەعبەتوڵڵا ، شکاندنی پەیمانی رەوا بە ناحەق، تەرکی سوننەتی پێغەمەر (د) ، دوورکەوتنەوە لــە جەماعەت پاش هیجرەت ، نائومێدبوون لە رەحمەتی خودا ، ئەمینبوون لە غەزەبی خودا ، مەنعی رێبوار لە ئاوی زیادە ، خۆپاكنەکردنەوە لە گمێزو پاشگمێز ، ئازاردانی دڵی باوكو دایك ، وە بوون بە هۆی جنێو پێدانیان ، گۆڕینی وەصیەتی موسوڵمان ٠٠٠ ئەمانە هەموو نەصنراوە لەسەر ئەوە کە گوناهی کەبیرەن ٠

جا هەر وەکو ژمارەی گوناحە گەورەکان زۆرەو بە ئاسانی

زەبت ناکرێن تەعریفی جامیعو مانیع بۆ ئەم گوناحی کەبیرەیە نایابەو لە لایەنی زاناکانەوە گەلێ تەعریفی کراوە کە باقی زاناکان پێی رازی نەبوون . بەڵێ (شیخ الاسلامی بارزی) ئەفەرموێ : تاقیق ئەمەیە گوناهی کەبیرە گوناحێکە خودا مەنعی کردبێ بە هەڕەشەیەکی بەهێز یا لەگەڵ لەعنەت لە خاوەنەکەی بە نەصی قورئان یا سوننەتی نەبەوی ، یا حەددێك یا گوناحێ بێ کە فەسادو زیانی وەکو زیانی یەکێ لەوانە بێ یاخود دەلالەت بکا لەسەر بێموبالاتی خاوەنەکەی بە دین .

وە گەورەترینی ئەم گوناهانە کوفرە ـ پەنا بەخودا ـ بە هەموو نەوعەکانی ، ئەمجار ئەو گوناهانە کە لە موبیقات دانراون وەکو لە پێشەوە باسمانکردن .

گوناهی گەورە جینسێکە چەن نەوعی هەیە ؛ یەکەم گوناهێ کە لە دڵدا بێو سیفەتی نەفسی بێ ، وەکو ریابازیو لەخۆبایی بوونو تەکەببورو ، خۆبەزلگرتنو ، حەسوودیو ، کینەداریو ، تەماشا کردنی خەڵك بە سووکی ... دووەم ئەو گوناحانە کە وان بەدەرەوەو عەلاقەیان هەیە بە زیاندان لە نەفسو ئەعزای ئینسان وەکو کوشتنی بێتاوانو ، دەستبڕینو باقی ئەعزاکان ... سێهەم ئەوانەیە کە زیان لە ناموسی خەڵك ئەدا وەکو زیناو مولابەساتیو بوختان هەڵبەستن بۆ بێتاوان ... چوارەم ئەوانە کە زیان ئەدەن لە دارایی خەڵك کە لەبەر زۆری ناژمێررێن ... پێنجەم ئەوانە کە زیان لە یەکدڵی خەڵك ئەدەن وەکو فیتنەیی چلوچوویيو قسەبردن بە ناو خەڵکاو قسەبردن بۆ لای فەرمانداران

بۆ خاتری زیانگەیاندن بە پایەو شانو نانو مایەی خەڵــكو غەیبەتکردن (خوسپ) و جنێودان بە خەڵكو هەجوی خەڵکی ٠٠ واتە بەدناوکردنی موسوڵمانانو درۆهەڵبەستن بە دەمیانــەوەو نیفاق : دووڕووییو دووزمانیو ، وێنەی ئەمانە کە زیان ئەدەن لە بناغەی یەکیەتی موسوڵمانانو ئیفسادی دڵیان ئەکا ٠

فەرموودەی خودا (ولا تتمنوا ما فضل الله به ٠٠٠ الایة)

حاکمو بەیهەقیو ترمذی ریوایەتیان کردووە لە ئومــمو سەلەمەوە (خ) کە فەرمووی : یا رەسوولەڵلا پیاوان غەزا ئەکەنو ژنان غەزا ناکەنو ناکەونە جەنگەوە هەتا پلەی شەهادەتیــان دەست کەوێو لە دنیایشا لە میراتا نیوەی پیاو میراتیان هەیــە ، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ٠

وە ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) کە ژنێ هات بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) عەرزی کرد : ئــەی پێغەمەری خودا پیاوێ دوو قاتی ژنێ میرات ئەباو شەهادەتی دوو ژن بە قەی شەهادەتی پیاوێ بەکار دێ ، ئایا لە کردەوەیشــا هەروەها حسێب ئەکرێن ؟ یانی جەزای کردەوەی ژنان نیوەی جەزای کردەوەی پیاوانە ؟ جا خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە وە فەرمووی :

﴿ وَلا تَتَمَنَّوا ما فَضَّلَ اللهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە ئارەزووی دەسکەوتنی ئـــەوە مەکەن کە خودا بە فەزڵی خۆی داویەتی بە بازێکتان‌و بووە بـە هۆی بەرزی بازێکتان لەسەر بازێکتاندا ٠

﴿ لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ ﴾ :

لە بۆ پیاوەکان هەیە بەشێ لەوەی دەسیان ئەکەوێ لە بەشی دینی‌ی‌و دنیاییدا ، وە لە بۆ ژنانیش هەیە بەشێ لـــەوە کـــە دەسیان‌ئەکەوێ لە بەشی دینی یا دنیایی . وە ئەم بەشانە ئـەوەی بەخشینە لە لایەنی خـوداوە ئەوە پەیوەندی نیە بە کەسبەوە وە ئەوەیشی پەیوەندی هەیە بە کەسبەوە فەرقی پیاوو ژن نیـــە تیایاو ئەجری کەس زایە نابێ ٠

﴿ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ ﴾ :

وە هەمیشە داوا بکەن لە خودای تەعالا کە لە نیعمەتـــی خۆی بەشتان بدا چ لە ئومووری دینی‌و چ لە ئومووری دنیادا ٠ ئیتر ئارەزووبازی‌و حەسەدکاری‌و رەخنەسازی لە کاری خودادا مەکەن ٠

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا ﴾ : (٣٢)

بە راستی خودا بە هەموو شتێ زانایەو ئاگای هەیە لـــە ئەوەڵ‌و ئەنجامی ئیشی دین‌و دنیا وە هەرچی خودا بیکا واجبـەو پێویستە ئینسان بە ئەدەب وەری بگرێ ٠

﴿ وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ ﴾ :

واته بۆ هەموو ئادەمیزادێ وە یا بۆ هەموو ماڵو میراتێ بڕیاری چەن واریثو میراتبەرێکمان داوە لەو ماڵە کە باوكو دایك وە یا خزمو خوێشی زۆر نزیك بەجێی دێڵن لە خاوەن بەشەکانی دیاریو غەیری ئەوان لە عەسەبات •

﴿ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ ﴾ :

وە لە میراتی ئەوانە دەستی پەیمانتان عەقدی بەستووە لەگەڵیانا وەکو ئەو خزمانە کە میراتیان لێوەرئەگرنو میرات لەوانەیش ئەگرن •

﴿ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ ﴾ :

هەرکەس لەمانە بەشی خۆیان پێ بدەن •

﴿ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيداً ﴾ :(٣٣)

بە ڕاستی خودای تەعالا ئاگاداره بەسەر هەموو شتێکا ، ئەگەر یەکێ مەنعی بەشی یەکێ لەمانە بکا ئەوە خودا جەزای لێ ئەستێنێتەوە •

بێدار بن ! ئیمامی رازی (خ) فەرموویەتی : بازێ لە زاناکان فەرموویانە : ئایەتی (والذين عقدت ايمانكم) مەنسوخە . وە بازێ فەرموویانە مەنسووخ نیە . جا ئەوانە کە فەرموویانە مەنسوخە یەکێ لە سێ وەجھ بەیان ئەکا :

یەکەم ئەمەیە . ئەم ئایەتە باسی هاوپەیمانەکانی زەمانی جاهیلییەت ئەکا : وەختێ خۆی کەسێ ئەڕۆییشت پەیمانی ئەبەست لەگەڵ یەکێکداو پێی ئەوت : خوێنم خوێنی تۆیەو ، ئارامیم ئارامی تۆیەو ، جەنگم جەنگی تۆیە ••• میراتم لێوەربگرەو

میراتت لێوەرئەگرم‌و خوێنت بۆ ئەدەم‌و خوێنم بۆ بدە ، جا ئەم هاوپەیمانە حەقی شەش‌یەکی بوو لە ماڵی رەفیقەکەیا ، لـــە پاشا ئەمە نەسخ‌بووەوە بە ئایەتی (واولو الارحام بعضهم اولی ببعض في كتاب الله) لە سوورەتی ئەنفالدا ، وە بە ئایەتـــی (یوصیكم الله في اولادكم) ٠

دووهەم ئەمەیە : کە بازە کەسێ ئینسانێکی بێگانەی ئـەکرد بە کوڕی خۆی‌و لە پاشان میراتی لێ ئەبردو ئەویش میراتی لـە باوکەکەی ئەبردو پاش ماوەیێ ئەوەیش نەسخ بووەوە ٠

سێهەم ئەمەیە : حەزرەت (د) عەقدی برایەتی دامەزراند لە بەینی گەلێ دووکەسدا لە موهاجیرین‌و ئەنصارو ئەمانە حەقـی میراتگرتنیان بوو لە یەك هەتا ئایەتی میرات نازڵ بوو ئـەوەی نەسخ‌کـــردەوە ٠

وە ئەو کەسانەیش کە ئەڵێن مەنسووخ نیە ئەوانیش ئـەم ئایەتەیان بەم جۆرە بەیان‌کردووە : ئەڵێن (والذین عقـــدت ایمانكم) مەعتووفە لەسەر (والوالدان) واتە بۆ هەموو سینفێ میراتبەرمان داناوە بۆ ئەو ماڵەو ئەو داراییە کە باوك‌و دایك‌و خزمانی نزیك‌و خاوەن پەیمانەکان بەجێیان هێشتووە لە مـــاڵ‌و دارایی ٠ وە لە تەفسیرەکەیا سێ فیکرە هەیە :

یەکەم : مەبەس لە ئایەتی (والذین عقدت ایمانكم) ژن‌و مێردە بەم شێوە ئەڵێ ئەو کەسانە کە بە عەقدی نیکاح بەسراون بەیەکەوە میراتیان ئەگا بە هاوعەقدەکەیان ٠

دووهەم : ئەمەیە کە مەبەس لە ئایەتی (والذین عقـــدت

ایمانکم) ئەوانەن کە بەندەیان ئازادکردووە ، واتــە ئــەو کەسانە کــە عەقدی وەلائیان لە بەینا هەیە میرات ئەبــەن لــە بەندەکان ، ئەمەیش هەر سابتەو مەنسووخ نیــە •

سێهەم : ئەمەیە کە موراد لە ئایەتی (والذین عقدت ایمانکم) هاوپەیمانەکانتانە کە (لا یزال) بە لای ئیمامی ئەبو حەنیفەوە ئیرسیان پێ ئەدرێ ، بەڵام لە لای ئیمامی شافیعی ئیرس نابەن •

فەرموودەی خودا (الرجال قوامون ••• الآیة)

ئیبــنو ئەبــی حاتــەمو ئیبــنو جەریرو ئیبــــنو مەردەوەیهـ ریوایەتیان کردووە لــــە حــەسەنی بەصرییەوە (خ) ئەڵــێ : ژنــێ هــات بــۆ خزمەتــی حــەزرەت (د) شکاتی کرد لە دەستی مێردەکەی کە شەپلاخــەی لێــداوەو داوای تۆڵەی ئەکرد ، جا حەزرەت (د) بۆی رەوا دا کە ئەمیــش وەکو مێردەکەی شەپلاخەیەکی لێ بدا • جا خودای تەعالا ئــەم ئایەتەی نازڵ کردو مەنعی قەصاصی کرد لە ژنەکە • وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت (د) فەرمووی: **ئێمە خواستمان لەسەر شتێ** بوو وە خودای تەعالا خواستی لەسەر غەیری ئەوە بوو وە ئەوەی خواستی ئەوی لەسەرە باشترە • وە ریوایەت کراوە ئەو ژنــە حەبیبەی کچی زەیدی کوڕی ئەبو زوهەیر بووەو پیاوەکە سەعدی کوڕی رەبیع بووە لە ئەنصار (خ) • جا خودا فەرمووی :

﴿ الرِّجالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّساءِ بِما فَضَّــلَ اللهُ بَعْضَهُمْ عَلى بَعْضٍ وَبِما أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوالِهِمْ ﴾:

واته : پیاوەکان راوەستاون بەسەر ژنەکانا یانی خـــودا کردوونی بە گەورەو چاودێری ژنەکان بە هۆی دوو شـــتەوە ، یەکێکیان وەهبی‌یە کە عیبارەتە لە هێزی وجـــوودو قووەتـــی تەرکیبی‌ی لەش‌و دەماخی بەهێزو هۆشی رەساو خۆگرتن لەبـەر باری ناباری ژیانا • وە ئەویان کەسبی‌یە وەکو مەسرەف‌کردنی پیاوان بۆ ژنان یانی مارەییان پێ‌ئەدەن‌و مەسرەفیان بۆ ئەکەن لە ژیناو ئەوان مەسئوولن لە وەزعی ژیوار نەك ژنان ، جا مادام وایە ئەگەر پیاوەکان قەدرو قیمەتێکیان پێ‌نەدرێ‌و ئیمتیازیـان نەبێ لە ژنان ئیدارەو نیزام تێك ئەچێ (بناء عليه) دروستە بۆ پیاو تەمێ‌ی ژنی خۆی بکات بەلام لەسەر ئەو یاسا کە لەمـەولا خودای تەعالا بەیانی ئەکا •

﴿ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَـــا حَفِظَ اللهُ ﴾ :

ئەم جوملە جوانە زاهیرەن ئیخبارە بەلام وا لـــە جێگـەی ئینشاداو ئەمرە لە لایەنی خوداوە بۆ ژنەکان ، واتە ئەو ژنانـە کەوا خودا پەرستن‌و کردەوەی باش ئەکەن واجبە لەسەریـــان فەرمانی خودا بەجێ‌بێنن‌و ئیتاعەی میردەکانیان بکـــەن لـــە کاروباری شەرعیدا وە واجبە لە پاش‌ملەدا لە کاتی دیارنەبوونی مێردەکانیانا حوقووقیان بپارێزن‌و نامووسی خۆیان رابگـــرن‌و مالی مێردەکانیان بە ناحەق نەفەوتێنن وەکو خودا حیفـــزی حوقووقی ئەوانی کـــردووە ، وە واجبی‌کـــردووە لەســـەر مێردەکانیان مارەیی‌و مەسرەفیان بدەن‌و خەرجی ئەوان بکێشن •

﴿ والّلاتي تَخافونَ نُشوزَهُنَّ فَعِظوهُنَّ وَاهْجُروهُنَّ في المَضاجِعِ وَاضْرِبوهُنَّ ﴾ :

وه ئەو ژنانە کە ئاگادار بوون لەسەر دەرچوونیان لە فەرمانی ئێوە ئەوە یەکەم جار ئامۆژگارییان بکەن بە ئایەتو فەرموودەی پێغەمەر (د) و پەندی پێشینانو یاسای ماقوولو جوان بۆ ئەوە کە بێنەوە ژێر فەرمانی ئێوە ، وە ئەگەر دەوامیان کرد لەسەر ئەو نافەرمانییە ئەوە بۆ دووەم جار لێیان دوور بکەونەوە لە جێگەی نوستنا . بەم مەعنا مەنوون لەو هۆدەدا ئەوان تیا ئەنوون . یاخود لەو هۆدەدا بنوون بەلام لە ژێری لێفەیەکدا مەنوون ، یاخود ئەگەر لە ژێر لێفەیەکدا نوستن دەستیان بۆ مەبەن هەتا ئازار ئەگا بە دڵیانو لەو نافەرمانییە ئەگەڕێنەوە . وە ئەگەر بەمەیش تەمێ‌گر نەبوون بۆ جاری سێهەم لێیان بدەن ، بەلام لێدانێ نەبێ کە عەیبداریان بکا یا شوێنێکیان بشکێنێ یا نیشانەیەکی وای بکا کە بە عادەت نابارو خاوەن ئازار بێ ؛ چونکە ئەو نەوعە ئازاردانە نە لە لای هۆشیارانا مەعقوولەو نە لە یاسای دینا مەقبوولە بەلکو هەر زیانێ بدا لە ژنەکەی ئەبێ تۆڵەی بدا بە شێوەی قیساس یا بە دییە یا بە ئەندازەیێ کە قازی بڕیاری بدا .

﴿ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبيلاً ﴾ :

ئەگەر ژنەکان فەرمانی ئێوەیان قەبووڵ کرد ئیتر داوای هیچ ڕێگەیێ مەکەن بۆ ستەمکردن لەسەر ئەوان .

موحەدیسی مەشهوور ترمذی ریوایەتی کردووە لە عەمری

کوڕی ئەحوەس کە لە سەفەری (حجة الوداع) دا لە خزمەتــی حەزرەتا بووە (د) ئەڵێ : حەزرەت حەمدو ئەنای خودای کــردو دەستی کرد بە ئامۆژگاریو فەرمووی : قسەی خێری من وەربگرن لە هۆی ژنەکانتانەوە ئەو ژنانە دیلی دەستی ئێوەن بەڵام ئێوە بە یاسای ئیسلام خاوەنی هیچ شتێ نین لەوان مەگــەر کارێکــی فاحیشە بکەنو سابت بێ لەسەریان ٠ جا ئەگەر نافەرمانیەکی ئێوەیان کرد لە جێگەی نوستنتانا جیابینەوە لێیانو لێیان بدەن بە لێدانێکی بێ زیان ، ئەگەر ئیتاعەیان کردن ئیتر داوای رێگەی تر مەکەن بۆ ئەوە ستەمیان لێ بکەن ٠ بێدارەوە بن ئێوە حەقتان هەیە لەسەر ژنەکانو ئەوانیش حەقیان هەیە لەسەر ئێوە ، ئەما حەقی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە کە رێگەی کەس نەدەن پێ بنێ بەسەر فەرشی ئێوەدا لەوانە کە ئەوان حەزی پێ نەکەنو ئیزنی کەس نەدەن بێنە ماڵتان لەوانە کە ئەوان حەزی پێ ناکەن ٠ وە حەقی ئەوان لەسەر ئێوە ئەوەیە کە بە پیاوەتیو رەوشتی بـاش لەگەڵیانا رەفتار بکەن لە خواردەمەنیو لە بەرگو پۆشاکیانا ٠

﴿ إِنَّ اللهَ كانَ عَلِيّاً كَبِيراً ﴾ : (٣٤)

بە راستی خودا پایەی بەرزو بڵنــــدە بەســــەر هەمــــوو مەخلووقاتاو گەورەیە وە ئەگەر ئێوە دەستتان ئەڕوا بەسەر ئــەو ژنانەدا خودایش دەستی ئەڕوا بەسەر ئێوەداو تۆڵەتــان لــێ ئەسێنێ ٠

﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقاقَ بَيْنِهِما فَابْعَثُوا حَكَماً مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَماً مِنْ أَهْلِها ﴾ :

وه ئەگەر ئاگاداربوون ـ ئەی فەرماندارانی ولآت ـ بەسەر دەوام‌و درێژەی ئاشووبی ناو بەینی ژن‌و پیاوەکەدا دەی زوو حەکەمێ‌و فەرمانڕەوایێ رەوانە بکەن لە ئەهلی کابراو حەکەمێ لە لایەنی ژنەکەوە لە ئەهلی ژنەکە ؛ چونکی ئەم دوو کەسە باشتر ئاگادارن لە کاری پەنامەکی ئەو ژن‌و پیاوەو ئەزانن گوناحی کامیانەو چۆن چار ئەکرێن ٠

﴿ إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ﴾ :
ئەگەر ئەو دوو حەکەمە خواستیان لەسەر میانە باشکردن بێ لە بەینی ئەو ژن‌و پیاوەدا ئەوە خودا رێکیان ئەخا ٠

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴾ : (٣٥)

بە راستی خودا زاناو ئاگادارە لەسەر زاهیرو باتینی ئەو دوو فەرماندارە ئەگەر بۆ رێکخستنیان حەول بدەن یا بۆ زیان لێدان‌و جیاکردنەوەیان ٠ هەروا زاناو ئاگادارە لەسەر زاهیرو باتینی ئەو ژن‌و مێردەو ئەزانێ کامیان تاوانبارن‌و خودا هیچی لێ گوم نابێ ٠

بزانن ! لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (خ) ئەم دوو فەرماندارە ناتوانن ئەم ژن‌و مێردە لە یەك جیابکەنەوە بە بێ ئیزنی ئەو پیاوو ژنە ، مەگەر بە سەریحی عیبارەت پیاوەکە حەکەمی خۆی‌و ژنەکەیش حەکەمی خۆی بکا بە وەکیل لە تەلآقدان‌و تەلآق‌وەرگرتندا ٠

﴿ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ﴾ :

واتە : ئەی ئادەمیزاد بەندەگی خودا بکەن بە بەجێهێنانی

واجبات‌و مەندووبات‌و بە تەرکی موحەڕڕەمات‌و مەکروهات ... واتە هەرچی داوا کراوە لێتان کە بیکەن بە تەواوی بیکەن‌و هەرچی داواکراوە لێتان تەرکی بکەن دووربکەونەوە لێی‌و شەریك‌و هاوڕێ بۆ خودا قەرار مەدەن‌و باوەڕتان وەهابێ کە کەس (واجب الوجود) نیە زاتی خودا نەبێ‌و کەس پەروەردگار نیە لە کائیناتا بۆ کەم‌و زۆر خودا نەبێ‌و کەس عیبادەتی بۆ ناکرێ خودا نەبێ‌و ئەو کردەوانە کە ئەیان کەن‌و ئەو شتانە کە تەرکیان ئەکەن هەر لەبەر ئەمرو نەهی خوداو لەبەر بەجێ‌هێنانی فەرمانی ئەو بێ ئیتر ڕەزای کەس‌و حەزلێ‌کردنی کەس‌و تاریف‌کردنی کەستان نەوێ ·

﴿ وَبِالوالِدَيْنِ اِحْساناً ﴾ :

وە چاکە بکەن لەگەڵ باوك‌و دایکتانا بە چاکەکردنێکی دیاری‌و ڕەسا وەکو ئەوان چاکەیان کردووە لەگەڵتانا · ریوایەت‌کراوە لە عەمری کوڕی عاصەوە (خ) کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : ڕەزای خودا وا لە ڕەزای باوك‌و دایکاو ناڕەزایی خودا وا لە ناڕەزایی باوك‌و دایکا ·

﴿ وَبِذِي القُرْبَى والْيَتامَى والمَساكِينِ ﴾ :

وە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خزم‌و خوێشییان هەیە لەگەڵتانا حەقی ئەو خزمایەتییە بەجێ بێنن ، ئەگەر موحتاج بوون یارمەتییان بدەن‌و ئەگەر نەخۆش بوون خزمەتیان بکەن‌و هەر کاتێ کەوتنە بەڵایێکەوە فریایان بکەون‌و دیدەنیان بکەن یا نامەیان بۆ بنووسن · وە چاکە بکەن لەگەڵ منداڵە

بێ باوکەکانا بە قەی ئیمکان بە ماڵو بــــە خزمــــەتو بـــــە تەمێ کردنیانو بە پارازتنیان لە بەلاو ، چاکە بکەن لەگەڵ ئــەو کەسانەدا کە گەدان بە ماڵو بە حاڵ • واتە بە قەی ئیمکان لـــە دارایی خۆتان بەشداریان بکەنو تێکۆشێن بۆ دامەزراندنیــــان لەسەر کارو کاسبی •

﴿ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ﴾ :

وە چاکە بکەن لەگەڵ دراوسێیەکدا کە خاوەن خزمایەتی بێ وە دراوسێیەك کە بێگانە بێ •

ئیمامی بوخاری (خ) ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە (د) کە فەرموویەتی : (واللە لا یؤمن واللە لا یؤمن واللە لا یؤمن ! قیل : یا رسول اللە من ؟ قال : الذي لا یأمن جارە بوائقە) واتە : سێ جار لەســەر یەك سوێندی خوارد بــە خودا کە ئیمانی نیـــە! عەرزیان کرد : کێ ئیمانی نیە ؟ فەرمووی : ئەو کەسە کـــــە دراوسێ ئەمین نەبێ لە زیاندانی ئەو • واتە ئەم جۆرە کەسانە کە زیان ئەدەن لە دراوسێیان هەر چەن موسوڵمانن بـــــەلام ئیمانەکەیان تەواو نیە •

وە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وان لە تەنیشـــتی ئێوەداو لەگەڵتانا رائەبوێرن وەکو هاومەنزڵو هاومەدرەسەو هاو دووکانو هاورێتان لە هەر کارێکا • وە بازێ فەرموویانـــە : (الصاحب بالجنب) ژنی ئینسانە • واتە چاکە بکەن لەگــەڵ ژنەکانتاناو باش رابرێرن لەگەڵیانا لە وتاراو لە رەفتارا کارێ

وآ مەکەن لێتان وەڕس بن · وە چاکە بکەن لەگەڵ موسافیرەکاناو لەگەڵ میوانا واتە ڕێبوارێ گەییشتە لای ئێوە ئەگەر بێ خەرجی بوو یارمەتی بدەن ، وە ئەگەر شەو ڕێی کەوتە لاتان جێگەی بکەنەوە . وە ئەگەر داماوێیکیان بوو چارەی بکەن . وە کاتێ میوانێکتان هات بە قەی حاڵ خزمەتی بکەنو بە چاوی ئیکرامو ئیحتیرامەوە تەماشای بکەن · وە ئەگەر ئینسانێ کەوتە موڵکی ئێوەوە لە پیاو یا لە ژن ڕەفتارتان باش بێ لە گەڵیاناو بدەنە دەرخواردیان لەوەی کە خۆتان ئەیخۆنو لەو بەرگەی خۆتان ئەیپۆشن بەرگیان بۆ بکەنو کارێ مەدەن بەسەریانا کە نەتوانن بیکەن بە ئاسانیو ، ئەگەر کارێکتان پیادان یارمەتییان بدەن ·

﴿ إِنَّ اللهَ لا يُحِبُّ مَنْ كانَ مُخْتالاً فَخُوراً ﴾ : (٣٦)

بە ڕاستی خودای تەعالا خۆشی نایێ لەو کەسانە کە خاوەن فیزنو عاریان لێدێ کە خزمەتو یارمەتی ئینسانی داماو بدەنو موساعەدەی موحتاج بکەن ·

فەرموودەی خودا (الذين يبخلون ···) لەگەڵ دوو ئایەت لەدوایەوە :

ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە کە عالەکانی بەنی ئیسرائیل ئەو عیلمو زانستە کە لە لایان بوو مەنعیان ئەکرد لە خەڵکو

نەیان‌ئەوت پێیان • (من جوملە) سیفات‌و نیشانەکانی حەزرەتیان بەیان نەدەکرد •

وە ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە (خ) کە کەڕوم کوڕی زەید ـ کە هاوپەیمانی کەعبـی کوڕی ئەشـرەف بـوو ـ و ئوسـامەی کوڕی حەبیب‌و نافیعـی کوڕی ئەبو نافیع‌و حویەیی کوڕی ئەحطەب ئەهاتن بۆ لای چەن پیاوێ لـە ئەنصارەکانـی مەدینەی مونەوەرەو ئامۆژگارییان ئەکردن ئەیان‌وت : ماڵـی خۆتان سەرف مەکەن بۆ ئەمانە کە هاتوون بۆ لاتان ئێمە ترسمان هەیە کە لات بکەون‌و زۆر پەلە مەکەن لە خەرجکردنـی ماڵـی خۆتانا ، ئێوە نازانن دنیا چۆن ئەبێ ! جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون• ئەمە لەسەر ریوایەتی ئیبن‌و جەریرو ئیبن‌و ئیسـحاق‌و ئیبـن‌و مونذیر (خ) لە ئیبن‌و عەباسەوە • خودا فەرمووی :

﴿ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ ويأمُرُونَ النَّاسَ بِالبُخْلِ ﴾

ئەو کەسانە کە خۆیان بوخل‌و رژدی ئەکەن لە سەرفی ماڵی خۆیاناو فەرمانیش ئەدەن بە خەڵك لەسەر رژدی •

﴿ ويكْتُمُونَ ما آتاهُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ﴾ :

وە کەتمی ئەو شتانە ئەکەن کە خودا پێیـداون وەکـو نیشانەکانی پێغەمەر (د) • واتە ئەو کەسانە لـە لای منـدا ناشیرینن •

﴿ وأعْتَدْنا لِلْكافِرِين عَذاباً مُهِيناً ﴾ : (٣٧)

وە ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکان عەزابێکـی زۆر ئاباری وا کە سووکیان ئەکا •

﴿ والَّذينَ يُنْفِقُونَ أَمْوالَهُمْ رِئاءَ النَّاسِ ﴾ :

وە ئەو کەسانەیش کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر ئەوەپێش‌چاوی خەڵکی بخەن‌و مەبەسیان ڕەزای خودا نیە ٠

﴿ و لا یُؤْمِنونَ بِاللهِ و لا بِالیومِ الآخِرِ ﴾ :

وە ئیمانیشیان نیە بە خوداو بە هاتنی ڕۆژی جەزا کە ڕۆژی پاش‌کەوتووە ٠ واتە ئەم جۆرە کەسانە هاوڕێو هاوملی شەیتانن ٠

﴿ و مَنْ یکُنِ الشَّیْطانُ لَهُ قَرِیناً فَساءَ قَرِیناً ﴾ : (٣٨)

وە هەرکەسێ کە شەیتانی لەعنەتی هاوڕێی بێ ئەوە زۆر حاڵی خراپە لە هۆی هاوڕێوە ٠ واتە هاوڕێکەی خراپەو هاوڕێی ئەویش بۆ ئەو شەیتانە خراپە ٠

﴿ ومَاذا عَلَیْهِمْ لَوْ آمَنُوا بِاللهِ والْیَوْمِ الآخِرِ وأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقَهُمُ اللهُ ؟ ﴾ :

ئەوە چی ئەبوو لەسەریان‌و چی کارێکی نابار ئەهات بەسەریانا ئەگەر ئیمانیان بهێنایێ بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت‌و ماڵی خۆیانیان سەرف‌بکردایە ؟واتە سەرفیان بکردایە لە ڕێکەی خودادا نەك لەبەر نیشاندانی خەڵکی لەو ماڵەی کە خودا کردوویەتی بە ڕۆزیی ئەوان ، وە لە واقیعی حاڵدا هیچ خراپە نەدەهات بەسەریانا بەڵکو (بالعکس) خێریان بۆ ئەهات‌و خودای تەعالا ئەو خێرەی لێ قەبووڵ ئەکردن ٠

﴿ وكان الله بهم عليماً ﴾ : (٣٩)

وه خودای تەعالا هەر زانا بووەو لایەزال بە ئەحوالی ئەوانو غەیری ئەوان زانایەو ئاگادارە ٠

﴿ إنَّ اللهَ لا يَظْلِمُ مِثْقالَ ذَرَّةٍ ﴾ :

بە راستی خودای تەعالا ناقیس ناکا لە ئەجرو لە تۆلـــەی کردەوەی خێرو زیادیش ناکا لە عیقاب بە قەیوەزنی زەڕڕەیـێ کە عیبارەتە لە مێروولەی ورد . وە یا خود ئەو تۆزە وردە کـــە لەبەر رۆژا دەرئەکەوێ لە تلاورۆچنەو لە تاقەوە ٠

﴿ وَإنْ تَكُ حَسَنَةً يُضاعِفْها ويُؤْتِ مِنْ لَدُنْهُ أجْراً عَظِيما ﴾ : (٤٠)

وە ئەگەر ئەو مسقالە زەڕڕە کردەوەی چاك یاخود چاکە بێ لە هەر لایەکەوە دەستی بکەوێ ئەوە خودای تەعالا سەوابەکـــەی زیاد ئەکا بەو ئەندازە کە خواستی خۆی لەسەریەتی ٠ وە ئەدا بە ساحێبەکەی لە لایەنی خۆیەوە عەتایەکی گەورەو خاوەن بایەخ ٠

﴿ فكَيْفَ إذا جِئْنا مِنْ كُلِّ أمَّةٍ بِشَهِيدٍ ﴾ :

جا ئەوە ئەبێ حاڵی ئەو کافرانە چۆن بێ لە رۆژی قیامەتا لە کاتێکا لە هەموو ئوممەتێکا شاهیدێ بێنین شەهادەت بدا لەســەر کوفرو نامەردی ئەوان . وە ئەو شاهیدەیش پێغەمەرەکەیانە کـە ئاگای هەیە لە کردەوەیان ٠

﴿ وجِئْنا بِكَ عَلى هؤُلاءِ شَهِيداً ؟ ﴾ : (٤١)

وە تۆیش بێنین بۆ سەر ئەوان بە شاهید لەسەر کـردەوەی ناباریان ؟

﴿ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَعَصَــــوُا الرَّسُولَ ﴾ :

لەو رۆژەدا حەز ئەکەن ئەوانە کە کافر بوونو نافەرمانـی پێغەمەریان کردووە ٠

﴿ لَوْ تُسَوَّى بِهِمُ الأَرْضُ ﴾ :

حەز ئەکەن لەوە کە ئەگەر بخرانایەتە گۆڕەوەو لە پـــاش ئەوەیش قەبرەکەیان ساف بکرایە لەگەڵ عـــــەرزاو ئاســـارو شوێنەواریان نەمێنێ ٠

﴿ وَلا يَكْتُمُونَ اللهَ حَدِيثاً ﴾ : (٤٢)

بەڵام یەك قسەیان لە خودا وننەکردایەو هەموو تاوانەکانی خۆیانیان هەموو باس بکردایە ٠

ریوایەتکراوە لە عەبدوڵلا (خ) ئەڵـــێ : حـــەزرەت (د) فەرمووی پێم : قورئانم بەسەرابخوێنەرەوە ٠ منیش عەرزم کرد : چۆن من قورئان بەسەر تۆدا بخوێنمەوەو قورئان بۆ تۆ هاتووەتـە خوارەوە ؟ ئەویش فەرمووی : حەز ئەکەم کە لە غەیری خـــۆم ببیسم ٠ منیش سوورەتی (نیساء) م بەسەرا خوێندەوە هەتـــا گەیشتم بەم ئایەتە : (فكيف اذا جئنا من كل امة بشهيد وجئنا بك على هؤلاء شهيدا ؟) جا حەزرەت فەرمووی : بەسە ئیتر ، کـــە تەماشام کرد چاوەکانی فرمێسکیان دائەڕژاندە خوار ٠ (رواه الشيخان والترمذى) ٠

فەرموودەی خودا (یا أیها الذین آمنوا ٠٠٠)

ریوایەتکراوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە (خ) ئەڵێ : موسوڵمانەکان یاسایان وابوو لەسەر عاداتی زەمانی پێش ئیسلام ئەڕۆییشتن هەتا ئەمرێ یا نەهێ نازڵ ئەبوو و عادەتی پێشوویان ئەگۆڕی ، وە لە ئەووەڵی زەمانی ئیسلامیەتەوە شەرابیان ئەخواردەوە هەتا ئایەتی (یسألونك عن الخمر والميسر قل فيهما اثم كبير ومنافعِ للناس) ، وتیان : ئەیخۆینەوە لەبەر مەنفەعەتەکەی ٠ پاش ئەوە پیاوێکیان شەرابی خواردەوەو بوو بە ئیمام لە نوێژێکا خوێندیەوە (قل يا ايها الكافرون اعبد ما تعبدون) ئەمجار ئەم ئایەتە نازڵ بوو (يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وانتم سكارى) ٠ ئەوانیش وتیان : لە نەفسی ئەو نوێژەدا نایخۆینەوەو لە غەیری ئەو نوێژەدا ئەیخۆینەوە ٠ جا عومەری کوڕی خەتاب وتی : (اللهم انزل علينا بيانا في الخمر شافيا) جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (انما يريد الشيطان ان يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر والميسر ويصدكم عن ذكر الله وعن الصلاة فهل انتم منتهون ؟) ٠ جا عومەر فەرمووی : (انتهينا، انتهينا) لە پاشا جارکێش لە لایەنی حەزرەتەوە (د) دەرچو جاڕی دا بە ناو موسوڵمانانا وتی : (الا ان الخمر قد حرمت) جا خودای تەعالا ئەفەرموێت :

﴿ يا أَيُّها الّذينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُوا الصَّلَوة وَأَنْتُمْ سُكارى حَتّى تَعْلَمُوا ما تَقُولُون ﴾ :

واته : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە بە خـــوداو پێغەمەری خودا نزیکی نوێژەکانتان مەکەون لە حاڵێکدا کە ئێوە سەرخۆشن هەتا حاڵتان ئارام ئەبێتەوە ، وە باش بزانن چـــی ئەڵێن‌و چی بە زمانتانا دێ • جا ئەم ئایەتە نەسخ‌کرایەوە بـــە ئایەتی (انما یرید الشیطان ان یوقع بینکم العداوة •••) کـە لە سوورەتی مائیدەدایە •

بزانن ! بازێ لە زاناکان فەرموویانە مەبەس لە (ســـکر) نوستنە ؛ چونکە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (اذا نعس احدکـــم في الصلاة فلیرقد حتی یذهب عنه النوم فانه لایدری لعله یستغفر فیسب نفسه) واتە: کاتێ یەکێ لە ئێوە خەوەنووچکە بردیەوە لە نوێژا بارابکشێ هەتا خەوەکەی ئەڕوا،چونکی یارۆ نازانێ مومکینە لە کاتێکدا بیەوێ ئیستیغفار بکا لە باتی ئیستیغفارا جنێو بدا بە خۆی • وە عوبەیدەی سەلمانی وتوویەتی مەبەس لە (سکر) ئەوەیە کابرا تەنگەتاوی گمێز بێ ؛ چونکی حەزرەت (د) فەرموویەتـــی (لا یصلین احدکم وهو حاقن) با نوێژ نەکا یەکێ لە ئێوە لە کاتی وادا کە تەنگەتاوی گمێزە •

قورطوبی لە تەفسیرەکەیا ئەڵێ ئەم بیرانە راستن ؛ چونکە پێویستە نوێژکەر بە دڵ رووی لەخودابێ‌و دوور بێ لە هەرچـــی شتێ کە دڵی پەرێشان بکا ، خواە نوستن بێ ، یا تەنگەتاوی ، یـــا برسێتی ، یا غەیری ئەمانە • حەزرەت (د) فەرموویەتی : (اذا حضر العشاء واقیمت الصلاة فابدؤا بالعشـــاء) واتە : کاتێ کە

خواردەمەنی ئێوارە حازر بوو نوێژیش کاتی هات لە پێشـــــدا خواردەمەنیەکە بخۆن‌و پاش ئەوە نوێژەکەتان بکەن هەتا داخـڵ ببن لە ئایەتی (قد افلح المؤمنون الذیـــن هـم في صلوتهـــم خاشعون) ٠

فەرموودەی خودا (ولا جنبا الا عابری سبیل حتی تغتسلوا) ٠

ریوایەت‌کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە فەرموویەتی : ئـــەم ئایەتە نازڵ‌بووە لە شانی موسافیرێکدا کە جەنابەتی دێ بەسەرا ، ئەمە تەیەموم ئەکاو نوێژەکەی ئەکا ٠ (اخرجه البیهقي وابـــن المنذر وابن ابي حاتم) وە ریوایەت کراوە لە ئەسلەعی کـــوڕی شورەیك وتوویەتی : من وشترەکەی حەزرەتم ئامادە ئەکرد شەوێ گیرۆدەی جەنابەت بووم‌و شەوەکە زۆر سارد بوو ترسام ئەگـــەر خۆم بشۆم بە ئاوی سارد یا بمرم یا نەخۆش بکەوم ٠ منیش ئەم وەزعەم گێڕایەوە بۆ حەزرەت ئەویش بێ‌دەنگ بوو وە جوبرەئیل نازڵ‌بوو بە ئایەتی :

﴿ ولا جُنُباً اِلاّ عابِري سَبِيلٍ حتّى تَغْتَسِلُوا ﴾

جا حەزرەت فەرمووی : راستەوە بە یا ئەسلەع تەیەموم بکەو ئادابی تەیەمومی نیشان دام : دەس لەگڵ‌دانێ بۆ روخسارو دەس لەگڵ‌دانێ بۆ هەردوو دەست هەتا ئەنیشکان ٠ منیش هەستـــام‌و تەیەموم کرد ئەمجار بارم کرد ٠ (اخرجه البیهقي والدار قطني وابو نعیم ٠ رحمهم المولی الکریم) ٠

وە ریوایەت‌کراوە چەند پیاوێ لە ئەنصار دەرگای خانووەکەیان

له مزگەوتی حەزرەتا بوو وە رێ ئەکەوت جەنابەتیان بەسەردا ئەهات‌و ئاویان لەلادا نەبوو ئاویان ئەویست‌و رێگوزەریـــان نەبوو ئیللا له مزگەوتی حەزرەتا جا خودا ئەو ئایەتەی نـــازڵ کرد • (اخرجه ابن جرير رحمة الله عليه) •

وە ئیبن‌و حاتەم‌و ئیبن‌ولمونذیر ریوایەتیان‌کـــردووە لـــە موجاهیدەوە ئەڵێ : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی پیاوێ لـــە ئەنصار نەخۆش بوو نەیئەتوانی خۆی هەستێ‌و بڕوا دەسنوێـــژ بگرێ‌و خادمیشی نەبوو ئاوی بۆ بێنێ • جا ئەم باسە نەقڵ‌کراوە بۆ حەزرەت (د) وە پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ‌بوو •

وە ئیبن‌و جەریر ریوایەت ئەکا لە ئیبراهیمی نەخەعی‌یـــەوە ئەڵێ : ئەصحابی پێغەمەر (د) گیرۆدەی برین‌و زام بوون‌و لـــەو سەر دەمەدا تووشی جەنابەتیش ئەبوون‌و شکاتی ئەمەیان برد بۆ حوزووری حەزرەت (د) پاش ئەوە ئەم ئایەتانە نازڵ‌بوون •

وە لە (ام المؤمنين) عائیشەوە (خ) ریوایەت‌کراوە ئـــەڵێ : دەرچووین لەگەڵ حەزرەتا بۆ بازێ سەفەر کاتێ گەیشتین بـــە سارا ملەوانەی من (١) بڕایەوە • جا حەزرەت (د) لەو شوێنـــەدا مایەوەو خەڵکی نارد بۆ ئەوە کە بگەڕێن بۆی ، وە ئەو رەفیقانـــە کە لەویا مانەوە ئاویان پێ نەبوو وە شوێنەکەیان شوێنی ئـــاو نەبوو • جا خەڵك رۆیشتن بۆ لای ئەبوبەکری صدیق پێیـــان

---

(١) ئەم ملەوانە ماڵی ئەسمای خوشکی بووەو بە ئەمانـــەت لە لای (ام المؤمنين) ماوەتەوە •

وت : تەماشا ناکەی کە عایشە چیکرد پێمان ، وە بانگی کردین وە من لەو کاتەدا پێغەمەر (د) سەری لەسەر رانی من بوو وە خەوی لێکەوتبوو باوکم هات دەستی کرد بە لۆمەکردنمو زۆری پێکردمو منیش لەبەر ئەوە کە سەری حەزرەت لەسەر رانمدا بوو نەمەتوانی بجوولێمەوە ، وە کاتێ حەزرەت لە خەو بێدارەوە بوو ئاو نەبوو دەسنوێژ بگرن یا غوسڵ بکەن • جا لەو شوێنەدا ئایەتی تەیەموم نازڵ بوو • لەوێدا (اسیدی کوڕی حضیر) وتی : (ماهی باول برکتکم یا آل ابی بکر) ، وە لە ریوایەتێکدا وتـــی : بـــە (ام المؤمنين) عائيشه : (جزاك الله خيرا فوالله ما نزل بك امـــر تكرهينه الا جعل الله لك وللمسلمين فيه خيرا • اخرجه البخـاری ومسلم **وغيرهما)** •

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە : ئەی موسوڵمانان نزیکی نوێژ مەکەونەوە بە لەشی پیسەوە هەتا خۆتان ئەشۆن مەگەر کاتـــێ رێبوار بن‌و ئاوتان دەس‌نەکەوێ ئەوە لەوێـدا تەیەموم ئەکەن وەکو باسی دێت • جا لەبەر ئەوە کە خودا ئایەتی روخسەتی بـــۆ ئینســـانی لەش‌پیس نازڵکرد •• هـــات بـــە تەفسیل حوکمـــی لەش‌پیسی‌و بێ دەسنوێژیی نازڵ کردو فەرمووی :

﴿ وإنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أوْ عَلَى سَفَرٍ أوْ جاءَ أحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغائِطِ أوْ لامَسْتُمُ النِّساءَ فَلَمْ تَجِدُوا ماءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيداً طَيِّباً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُـــمْ وأيْدِيكُمْ ﴾ :

واتە ئەی موسوڵمانەکان ئەگەر نەخۆش بوون بە جۆرێ کە

ترستان بوو ئاو بەكاربێنن تووشی زەحمەتێكی ناڕەوا ببـــن ·
یاخود لەسەر سەفەرو ڕێبوار بوونو ئاوتان دەست نەكـــەوت ،
یاخود لە ئەدەبخانەوە هاتن ، واتە پیسی عادەتـــی یـا غەیـــرە
عادەتیتان لێ دەرچوو ، یاخود دەستتان دا لە ژنـــانو ئاوتـــان
دەس نەكەوت خواه دەست نەكەوتنی حیسی بـــێ یاخـــود ئـاو
دەست نەكەوتنی شەرعی بەم جۆرە ئاو بوو بەڵام پێویستتان بوو
بۆ خواردنەوەی خۆتان وە یا گیانلەبەرێ پێویست بێ ، وە یاخود
نەتانتوانی ئەو ئاوە بەكاربێنن لە ترســـی ڕووداوی ناهەموار
لەم كاتانەدا هەموو لە باتی خۆشۆرینو دەستنوێژ گرتن بـڕۆن
قەسدی خاكو تۆزی پاك بكەنو ڕوخسارو هەردو دەستتان بـەو
تۆزە مەسح بكەن ، واتە جارێ تۆز وەربگرنو دەست بێنن بـــە
ڕوخسارتانا ، وە جارێكی تر تۆز هەڵبگرنو دەست بێنن بـــە
هەردوو دەستانا وەكو دەستنوێژ بە قەسدی حەڵاڵ بوونی نوێژ·

﴿ إِنَّ اللهَ كانَ عَفُوّاً غَفُوراً ﴾ : (٤٣)

بە ڕاستی خودای تەعالا چاوپۆشو گوناەبەخشە · بۆیێ لـــە
باتی غوسڵو دەسنوێژ ئەم ڕوخسەتەی پێدان ·

لێرەدا چەن واتەیێ هەیە :

یەكەم : لە واقیعا مەبەس لە غوسڵو دەسنوێژ دوو شـــتە ؛
یەكەم پاكی لەش · دووهەم دەربڕینی عیبادەتو بەندەیی بـــۆ
خودا · جا كاتێ ئاو نەبوو ، یا تەوانامان نەبوو بەكاری بێنـــین

دیاره لە تۆز نابارتر نیەو لە دەستو روخساریش نازارتر نیە کە بەندە بەو تۆزە نابارە ئەو دەستو روخسارە نازاری خۆیـــــە تۆزاوی کرد ئیتر لام وایە شیعارو نیشانەی بەندەیی لەمە جوانتر نیەو نابێ •

دووهەم : بزانن وجووبی غوسڵ لەسەر لەشپیسو وجووبی دەسنوێژگرتن لەسەر بێدەسنوێژ (حوکمن) و (سەبەبی وجووبی غوسڵ) لەشپیسییە وە سەبەبی وجووبی (دەسنوێژ) ئـــــەو بێدەسنوێژیەتە کە وتمان • وە نەبوونی ئاو یا نەتوانینــــــی بەکارهێنانی ئاوەکە (عوزرن) بۆ روخسەتی تەیەموم سەفەر (مەزەنەی) نەبوونیئاوەو (مەرەض) مەزەنەی نەتوانینــــی ئیستیمالی ئاوەکەیە •

جا لەبەر ئەوە کە ئەم ئایەتە بە دوای باسی (جنب) دا هاتووە مەعنای جونوب مەلحووزەو مەعلوومە کە جوملەی (او جاء احـــــد منکم) تا ئاخر لە ئەسبابی حەدەثی ئەصغەرە کەوابێ حاسڵی ئەم ئایەتە وای لێدێ : (وان کنتم مرضى اوعلى ســـــفر مجنبين أو محدثين كأن جاء احد منكم من الغائط او لامستم النساء فلم تجدوا ماء فتيمموا) وە بە زاهیر بەبێ (فلم تجدوا ماء) باسەکە تەواو نابێ ؛ چونکی بە باسی (مرض) و (سەفەر) عوزرەکان تەواو ئەبنو بە ئیعتیباری جەنابەت لەگـــەڵ (او جـــــاء احدکــــم) دا سەبەبەکانیش تەواو ئەبن ، ئەمجار زیکری (فلم تجدوا مـــــاء) پێویستە ، لەبەر ئەوە کە لە پێشەوە بە سەراحەت باسی نەبوونـــی ئاو نەکراوە هەروا باسی عەجز لە ئیستیمالی ئاویش نەکـــراوە

بەڵکو ئیکتیفا کراوە بە زیکری مەزەنەکەیان واتە مەزەنەی نەبوونی ئاو سەفەرەو مەزەنەی عەجز لە ئیستیعمالی ئاویش مەرەضەو ئیحتیمالی هەیە کابرای مەریض بتوانێ ئیستیعمالی ئاو بکاو کابرای موسافیریش ئاوی دەستبکەوێ وە دیارە تەیەموم لە کاتێکا ئەبێ ئاو نەبێ حیسەن یا شەرعەن‌و کابرایش عاجز بێ لە ئیستیعمالی ئاو لەبەر ئەوە پێویست بوو کە خودای تەعالا جوملەی (فلم تجدوا ماء) نازڵ بکا لە ناو ئایەتەکەدا وەکو نازڵی کرد • جا ئەمجار مەعنای نەبوونی ئاوەکە وایە کە هەر ئاو نەبێ یا ئاو ببێ بەڵام پێویست بێ بۆ خواردنەوەو کابرایش نەتوانێ بەکاری بێنێ • والله اعلم •

سێهەم : بزانن تەیەموم شەرتی هەیەو ئەرکانی هەیەو سوننەتی هەیەو،موبطیلاتی هەیە،جا شەرتەکانی پێنج‌شتە: بوونی عوزر بە هۆی سەفەرەوە یا نەخۆشینەوە ، وە داخڵ‌بوونی کاتی نوێژەکە ، وە داواکردنی ئاو ، وە گەڕان بە نەفسی خۆی یا بە وەکیل ، وە عەدەمە ئیمکانی ئیستیعمالی ئاو بە عادەت ، وە گڵێکی پاکی وەها کە تۆزی ببێ •

وە ئەرکانەکانی ـ وەکو لە ئایەتەکە دەرئەکەوێ ـ چوار شتە ؛ قەسدی هەڵگرتنی ئەو تۆزە وە هەڵگرتنی ، وە مەسحی روخساری ، واتە بەو تۆزەوە دەس‌بێنێ بە هەموو روخساریدا وە مەسحی هەردوو دەستی لەگەڵ ئەنیشکەکانی ، وە ریعایەتی ئەم تەرتیبە ، واتە لە پێشا دەست‌بێنێ بە روخساریا پاش ئەوە بە هەردوو دەستیا •

وه سوننه‌ته‌كانی سێ شته : (بسم اللـــه) كـــردن ، وه پێش‌خستنی لای راست له‌سه‌ر لای چه‌پ ، وه فه‌سڵ‌نه‌خستن لــه به‌ینی ده‌س‌هێنان به روخساراو ده‌س‌هێنان به هه‌ردوو ده‌ستا ٠

وه ئه‌وه‌ی ته‌یه‌موم به‌تاڵ ئه‌كاته‌وه سێ شته ؛ یه‌كه‌م هه‌رچی ده‌سنوێژ به‌تاڵ ئه‌كاته‌وه ٠ دووهه‌م ده‌ستكه‌وتنی ئاو له پێـــش ئه‌وه‌دا ده‌س بكا به نوێژه‌كه‌ی ٠ سێهه‌م وه‌رگه‌ڕانه‌وه له دینـــی ئیسلام ــ **په‌نا به خودا** ــ

وه هه‌ر نوێژێ كه به ته‌یه‌موم بكرێ لـــه نـــۆ مـــاده‌دا قه‌زاكردنه‌وه‌ی واجبه : نه‌بوونی ئاو له شوێنێكدا كه به ئه‌غله‌ب ئاو ده‌س‌بكه‌وێ تیایا ، وه له‌بیرچوونه‌وه‌ی ئاوێ كه له لای خۆیـا بێ ، وه ونكردنی له‌ناو بارو ئه‌سبابی خۆیا وه بوونی ساتیرێ كه دانرابێ له‌سه‌ر غه‌یری طه‌هاره‌ت ، واته له‌و كاته‌دا ئه‌و جه‌بـیره ئه‌خاته سه‌ر پێی ــ مه‌ثه‌لا ــ : له‌شی پیس بووبێ یاخـــود بـــێ ده‌سنوێژ بووبێ یاخود پیسیه‌كی عه‌فو لێ‌نه‌دراو به‌و شوێنه‌وه ببێ وه‌كو خوین ، وه دانانی ساتیر له‌سه‌ر ئه‌عزای ته‌یه‌موم كــه ده‌م‌و چاوو هه‌ردوو ده‌سته‌كانه موتله‌قا ، خواه له‌ســـه‌ر پاكـــی دانرابێ یا نه ، وه پێشكه‌وتنی ته‌یه‌مومه‌كه له داهاتنـــی كاتـــی نوێژه‌كه ، وه ته‌یه‌موم له‌به‌ر سه‌رمای به‌هێزو توند ، وه بوونـــی سه‌فه‌ر به سه‌فه‌ری تاوانباری ، وه پیس‌بوونی له‌ش به پیسییه‌ك كه عه‌فوی لێ‌نه‌درابێ ٠ وه له ما عه‌دای ئه‌م صووره‌تانه‌دا قه‌زای نوێژه‌كه‌ی واجیب نیه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی ئیمامی شافیعی (خ) ٠

فەرموودەی خودای تەعالا (ألم تر الى الذين اوتوا نصيبا ٠٠ الايات) :

ئیبن‌و ئیسحاق‌و ئیبن‌و لمونزیر ریوایەتیان کردووە لـــــە ئیبن‌و عەباسەوە ئەڵێ : ڕەفاعەی کوڕی زەیدی کوڕی تابووت لە پیاوەگەورەکانی یەهوود بوو ، وە کاتێ کە قسەی ئەکرد لەگەڵ حەزرەتا (د) زمانی پێچ ئەداو کەلیمەی تێکەڵ ئەکرد بە کەلیمـە بە جۆرێ ئینسان لە هەموو واتەیەکی حاڵی نەدەبوو ئەیـــوت : (راعنا سمعك يا محمد حتى نفهمك) وە لە باتـــی (ارعنـــــا) ، (راعنا) ی ئەوت ، وە لە پاشا تانەی ئەدا لە دینی ئیســـــــلام‌و عەیبی ئەگرت ٠ جا خودا ئـــەم ئایەتانـــەی ناردەخـــوارەوەو فەرمووی :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيباً مِنَ الْكِتَابِ ؟﴾

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئایا ناڕوانی بۆ ئەو کەسانـــە کە بەشێکیان پێ‌دراوە لە تەورات‌و شتێکی لێ ئەزانن ؟

﴿ يَشْتَرُونَ الضَّلَالَةَ وَيُرِيدُونَ أَنْ تَضِلُّـــوا السَّبِيلَ ﴾ : (٤٤)

ئەمانە گومڕاهی‌و دوورکەوتنەوە لە حـــەق وەرئەگــــرن‌و قەبووڵی ئەکەن لە باتی ڕێگەی ڕاستی ئیسلام‌و قەناعەت ناکەن بە گومڕاهی خۆیان بەڵکو ئەیانەوێ ئێوەیش ڕێگـــــەی ڕاســـــت ونبکەن ٠

﴿ وَاللهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَائِكُمْ ﴾ :

ئەمانە بە دۆست مەزانن ئەمانە دوژمنی ئێوەن‌و دوژمنـــی تریشتان زۆرە ئێوە نایان‌ناسن‌و خودا زاناترە بە دوژمنەکانتان ، بەلاٚم مەکەونە غەم‌و مەراقەوە لە بیمی ئەو دوژمنانە ·

﴿ وَكَفَى بِاللهِ وَلِيّاً وَكَفَى باللهِ نَصِيراً ﴾ :(٤٥)

خودای تەعالا بەسە بۆ ئێوە لە هۆی دۆستیەوەو خوداتـــان بەسە لە هۆی یارمەتی‌دانەوە ، واتە هەر ئەو دۆستەو هەر ئـــەو یارمەتی‌دەرەو پاپایی مەکەن بە غەیری خودا ·

﴿ مِنَ الَّذِينَ هادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَـــــن مَواضِعِهِ ﴾ :

لەو کافرە جوولەکانەیە بازە کەسێکی وەها کە کەلیمـــەی تەورات دوورئەخەنەوەو لای ئەدەن لە جێگەی خۆی . واتە هـــەر کەلیمەکە مەحوئەکەنەوەو لە شوێنی خۆیا لای ئەبەن ، وە یاخود بە تەئویلی ناڕاست لای ئەدەن لە مەعنای حەقیقی خۆی ·

﴿ ويَقُولُونَ : سَمِعْنا وعَصَيْنا ﴾ :

وە ئەڵێن : واتەی تۆ دەبیێن یا موحەمەد وە ئیتاعەیشـــــت ناکەین ·

﴿ واسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ ﴾ :

وە ئەڵێن : واتەی ئێمە ببیسە یاخودا قسە نەڕوا بەگوێچکەتا یانی بمری یا هەر هێزی بیستنت نەمێنێ ·

﴿ وَراعِنا ﴾ :

وە ئەڵێن : (راعنا) یانی بۆمان بڕوانەو تەماشامان بکـــە ·
بەلاٚم قسەکەیان بە باری راستی‌و رەوانیدا بە زمانا نایێ بەڵکو ·

﴿ لَيّاً بِأَلْسِنَتِهِمْ ﴾ :

واته ئەڵێن (راعنا) لەگەڵ پێچدان بە زمانو هەڵسووڕانی بۆ بارێ کە مەعنای جنێوو زەم بگەیەنێ ؛ چونکی (راعنا) وەکو ئەبێ بە فیعلی ئەمرو موشتەق بێ لە رعایەت ·· قابیلە ئیسمی فاعیل بێو موشتەق بێ لە (رعن) بە مانا عەقڵسووکی ·

﴿ وطَعْناً فِي الدِّينِ ﴾ :

وە قسەکە ئەکەن لەگەڵ ئیشارەت بۆ تانەدان لە دین چونکی مادام زەمی حەزرەت بکەن بە سووکی عەقڵ (معاذ الله) ئەبێ بە گاڵتەکردن بە دینەکەیشی ؛ چونکی هێزی وتار لە لای ئینسانی بێئیعتیبار بە قەی هێزی خاوەن وتارەکەیە ·

﴿ ولَوْ أَنَّهُمْ قالُوا سَمِعْنا وأَطَعْنا واسْمَعْ وانْظُرْنا لَكانَ خَيْراً لَهُمْ وأَقْوَمَ ﴾ :

واتە ئەگەر لە باتی وتارە پێشووەکەیان ئەم وتارەیان بوتایێو لە باتی (وعصينا) ، (واطعنا) و لە باتی (وراعنا) ، (وانظرنا) و تەرکی (غير مسمع) یان بکردایە ئەوە قسەکەیان زۆر باشترو دامەزراوتر ئەبوو ؛ چونکی ئەو عیبارەتە ئەبوو بە نیشانەی ئیمانهێنانیانو باوەڕکردنیان بە دینی ئیسلام ·

﴿ ولَكِنْ لَعَنَهُمُ اللهُ بِكُفْرِهِمْ فَلا يُؤْمِنُونَ إِلاَّ قَلِيلاً ﴾ : (٤٦)

بەڵام ئەو یەهوودییەو رەفیقەکانی بە هۆی دەوامیان لەسەر کوفرو عەنادو ملەجڕێیان بەرابەر بە دینی ئیسلام خودا غەزەبی لێگرتوونو دوورکەوتوونەتەوە لە ئیعتیبارو پەشیمانی لە

گومڕاهی کەوابێ ئیمان ناهێنن ئیللا یەکە یەکەیەکیان نەبێ یا ئیمان ناهێنن ئیللا کەم جاران ٠

فەرموودەی خودا (یا ایها الذین اوتوا الکتاب)

ئیبنو ئیسحاق و ئیبنولمونزیرو بەیهەقی ریوایەتیان کردووە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) ئەڵێ : جارێ حەزرەت فەرمایشی کرد لەگەڵ زانا گەورەکانی یەهوودا وەکو عەبدوڵڵای کوڕی صوریای ئەعوەرو کەعبی کوڕی ئەسەد فەرمووی : ئەی کۆمەڵی یەهوود لە خودا بترسن و موسوڵمان ببن ، وەڵڵاهی ئێوە ئەزانن ئەو دینە کە من هێناومە راستە ! ئەوانیش وتیان : ئێمە بەمە نازانین کە دینی تۆ راستەو ئینکاریان کرد جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ٠ فەرمووی :

﴿ يا أَيُّها الَّذِينَ أُوتُوا الكِتابَ آمِنُوا بِما نَزَّلْنا مُصَدِّقاً لِما مَعَكُمْ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە تەوراتتان پێدراوە ئیمان بێنن بەو کتێبە کە من نازڵم کردووەو حاڵی وایە تەصدیقی ئەو کتێبە ئەکا کە لە لای ئێوەیە ٠

﴿ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهاً فَنَرُدَّها عَلى أَدْبارِها أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَما لَعَنَّا أَصْحابَ السَّبْتِ ﴾ :

ئیمان بێنن لە پێش ئەوەدا کە ئاسارو شێوەو روخسارەکان مەحو بکەمەوەو بە وێنەی شێوەی پشتی ملی لێ بکەین ٠ واتە لە

پێش ئەوەدا کە بتانمرێنینو وجوودتان تێك بدەینو هەمووی بڕوا بەیەکاو فەرقی روخسارو پشتیمل نەمێنێ • یاخود لە پێش ئەوەدا کە لە دونیادا غەزەبتان لێ بگرینو سیمای جوانی ئینسانیتان بکەین بە شێوەیەکی موشەوەهو ناشیرین بە هۆی مەسخەوە وەکو لەمەوپێش بازێ بەنی ئیسرائیلیم مەسخ کردەوە • یاخود لە پێش ئەوەدا کە رۆژی حەشر دەربکەوێو شێوەتان تێك بدەمو بە شێوەیەکی ناشیرینەوە زیندووتان بکەمەوەو سەوقتان بکەم بۆ سارای قیامەت ، یا لە پێش ئەوەدا کە بە تەواوی عاجز بم لێتانو لەعنەتتان لێ بکەم وەکو لەعنەتمان کرد لەو بەنی ئیسرائیلیانە کە نافەرمانی منیان کرد لە هۆی حورمەتی رۆژی شەمەوە •

﴿ وكَانَ أمْرُ اللهِ مَفْعُولاً ﴾ : (٤٧)

وە بزانن کە ئەمری خودا بە هەرشتێ کە خواستی ببێ بیکا نافیذەو بەجێهێنراوە •

فەرموودەی خودا (ان الله لا یغفر ان یشرك به) :

ئیمامی طەبەرانیو ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتیانکردووە لە ئەبو ئەییوبی ئەنصارییەوە (خ) ئەڵێ : پیاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیکرد : برازایەکم هەیە دەستبەرداری کاری حەرام نابێ ! حەزرەت فەرمووی : دینەکەی چیە ؟ عەرزیکرد : نوێژ ئەکاو تەوحیدی خودایش ئەکا ، حەزرەت فەرمووی : داوای

لێ بکە دینەکەی ببەخشێ پێت ئەگەر نەیبەخشی بە پـــارە لێی بکڕە • پاش ئەمە مامی کوڕەکە ڕۆیشـــت بـــۆ لای داوای بەخشینی دینەکەی لێکرد نەیبەخشی وە داوای فرۆشتنی کـــرد نەیفرۆشت • جا هاتەوە باسەکەی گێڕایەوە بۆ حەزرەت (د)•وە پاش ئەمە ئەم ئایەتە نازڵبوو فەرمووی :

﴿ اِنَّ اللهَ لا یَغْفِــرُ اَنْ یُشْرَكَ بِــهِ ویَغْفِــرُ مادُونَ ذَلِكَ لِمَنْ یَشاءُ ﴾ :

بە راستی خودای تەعالا چاوپۆشی ناکا لەوە کە شەریکی بـــۆ قەرار بدرێ ، وە چاوپۆشی ئەکا لە هەموو گوناحێکی تر گەورە یا بچووك ؛ خواه خاوەنەکەی تەوبەی لێ کردبێ یا نە ئـــەم چاوپۆشیەیش بۆ ئەو کەسانەیە کە خواستی خودا لەســـەر پۆشینی گوناحەکەیان بێ •

﴿ ومَنْ یُشْرِكْ بِاللهِ فَقَدِ افْتَرى اِثْماً عَظِیماً ﴾ (٤٨)

وە هۆی ئەوە کە خودا چاوپۆشی ناکا لە شـــیرك ئەمەیـــە هەرکەسێ شەریك بۆ خودا قەرار بدا ئەوە بە راستی گوناحێکی گەورەی هەڵبەستووەو درۆیەکی بێسەروبەری کردووە •

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەڵو موسلیم ریوایەتیان کردووە لە جابیرەوە (خ) : کە حەزرەت فەرموویەتی : (من لقی اللـــه لا یشرك به دخل الجنة ، ومن لقیه یشرك به دخل النار) واتـــە : هەرکەسێ بمرێو شەریکی بـــۆ خودا قەرار نەدابـــێ ئەچێتـە

بەهەشتەوە ، وە هەرکەسێ بمرێو شەرێکی بۆ خودا قەراردابێ ئەچێتە ئاگری دۆزەخەوە •

بێداربن ! هەرچەن خودای تەعالا لەم ئایەتەدا هەر باسی ئەوەی کردووە کە خودا چاوپۆشی لە شیرك ناکا ، بەڵام هەموو نەوعێ لە ئەنواعی کوفر وەکو شیرك وایەو چاوپۆشی لێ ناکرێ ، خواە ئینکاری بوونی خودا بێ یا ئینکاری پێغەمەرەکان وە یـا فریشتەکان وە یا رۆژی قیامەت وە یا باقی ئەو شتانە کـە لـە موجیباتی کوفرا زاناکان باسیان کردووەو بە کوفریان داناوە ، بەڵام چونکی لە زەمانی ریسالەی حەزرەتا هەر شیرك باو بووە خودا هەر باسی شیرکی کردووەو زۆر نزیکە کە لەفزی (دون ذلك) ئیشارەی تێدا بێ بۆ ئەم مەبەستە • واتە مـادام کـە نەیفەرموو (ویغفر ما سوی ذلك) و فەرمووی (ویغفر ما دون ذلك) مانای وایە هەر گوناحێ کە لە خواری شیرکەوە بێ ئـەوە عەفو ئەکا ، نەك هەر تاوانێ کە وەکو شیرك بێو موجیبی کوفری خاوەنەکەی بێ •

﴿ اَلَمْ تَرَ اِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ اَنْفُسَهُمْ ؟ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تەماشا ناکەیلەو کەسانە لـە جوولەکەکان کە تەزکیەی نەفسی خۆیان ئەکەنو خۆیان بە باش ئەزانن‌و ئەڵێن : (نحن ابناء الله واحباؤه) • وە ریوایەتکراوە: کۆمەڵێ لە جوولەکەکان منداڵەکانیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیانکرد : ئەم منداڵانە گوناحیان لەسەرە ؟ فەرمووی : نە • ئەوانیش وتیان : دەی وەڵڵا ئێمەیش وەکو ئەو منداڵانـە بێ گوناحین ، ئەو گوناحانە کە بە رۆژا ئەیکەین بە شەوا خودا

ئەیانپۆشێو ئەو گوناحانەیش کە بە شەوا ئەیکەین خودا بە ڕۆژا ئەیانپۆشێ • جا خودای تەعالا لای دا لەم داوای ئەوانەو فەرمووی :

﴿ بَلِ اللهُ يُزَكِّي مَنْ يَشَاء ﴾ :

بەڵکو هەر خودا تەزکیەی ئەو کەسانە ئەکا کە خواستی لەسەر تەزکییەیان بێ ؛ چونکی غەیری خودا کەس زانا نیە بە حەقیقەتی بیرو باوەڕو کردەوەو خوو ڕەوشتی ئینسان ، جا مادام خودا کەسێکی پەسەند کرد ئەوە ئەتوانێ بە ڕاستی تەزکیەی ئەو کەسە بکا •

﴿ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلاً ﴾ : (٤٩)

وە ئەوانە خودا تەزکیەیان ئەکا بە قەی ڕشتەی ناوەڕاستی ناوکەخورمایێ ستەمیان لێ ناکرێ لە هۆی تۆڵەی کردەوەو بیرو باوەڕیانەوە • یا خەیر ئەو کەسانە کە بە ناحەق تەزکیەی خۆیان ئەدەن خودا لە ڕۆژی قیامەتا جەزای ئەو تەزکیەی نەفسەیان لێ ئەستێنێو بە قەی فەتیلێ ستەمیشیان لێ ناکا •

﴿ انْظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللهِ الْكَذِبَ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڕوانە چلۆن درۆ هەڵئەبەستن لەسەر خوداو ئەڵێن : خودا ئێمەی خۆشەوێو خودا بە شەوا گوناحی ڕوژمانو بە ڕۆژا گوناحی شەومان عەفو ئەکا •

﴿ وَكَفَى بِهِ إِثْماً مُبِيناً ﴾ : (٥٠)

وە بەسە ئەم ئیفتیرایە بۆ ئەوان لە جیهەتی گوناحی ڕووناكو دیارییەوە •

بێدار بن ! ئەم زەمە لەم ئایەتانەدا واریدبوون لەسەر ئەوە کە ئینسان تەزکیەی خۆی بکا ؛ وە ئەمما مەدحی غەیری خــۆی ئەوە ئەگەر بەرەوڕوو بوو بەم جۆرە تاریفی ئەکرد بە عیلــمو زانستو کابرا عیلمی نەبوو وە یا مەدحەکەی راست بوو بەلام یارۆی مەدحکراو نەفامو مەغروور بوو وە بەو مەدحە لە خۆی بایی ئەبوو ئەوە زۆر گوناحە . وە بوخاری ریوایەت ئەکا لــە حەدیثی ئەبوبەکرە کە پیاوێ لە خزمەتی حەزرەتا ناوی بــراو لەویا شەخسێ گەلێ مەدحی کرد جا حەزرەت فەرمووی : (ویحك قطعت عنق صاحبك) وە ئەم کەلامەی چەن جار تەکرار کردەوەو فەرمووی : ئەگەر یەکێ لە ئێوە مەدحی کەسێکی کرد بلێت : من وا ئەزانمو باوەڕم وایە فلان وەهایەو وەهایە · ئیتر قەطع نەنێ بەوەدا کە ئینسانێکی وایە لە واقیعدا : چونکی ئەم جۆرە مەدحانە زۆریان درۆنو ئەگەر هەمووی درۆ نەبێ درۆیان تێدا هەیەو ئەگەر هەمووی راست بێ بەلام کابرا دامەزراو نەبێ بەخــۆی بایی ئەبێو فەسادی زۆری لێپەیدا ئەبێو لەسەر ئەم جــۆرە باسانەو ئەم جۆرە مەدحانەیە حەزرەت فەرموویەتی : (احثوا التراب علی وجوه المداحین) واتە : خۆل هەلوەشێنن بەســەر روخساری ئەو کەسانەدا کە زۆر سەنای خەلك ئەکەن ·

بەلام ئەگەر مەدحەکە راست بێو کابرای مەمدووح بایــی نەبێ بەو مەدحە ئەوە زۆر باشە ئەگەر ببێ بە هۆی ئەوە کــە کابرا زۆرتر لە جاران کردەوەی باش بکا ، وە یاخود دیعایــە بێ بۆ دینو ئایین وە یا بۆ تەرویجی عالمێ یا کە سێکێ خاوەن

پایەی خاوەن مایە لە دینا بۆ ئەوە کە خەڵکی پەیڕەوی بکەن‌و ئیستیفادەی زۆر بکرێ لێی · تەماشا ئەکەین حەسانی کوڕی ثابیت‌و عەباسی مامی حەزرەت مەدحی حەزرەتیان کردووە لە شیعری خۆیاناو کەعبی کوڕی زوهەیر مەدحی حەزرەتی کرد بە قەسیدەی مەشهوور بە (بانت سعاد) هەروا حەزرەت (د) مەدحی ئەصحابەکانی کردووەو فەرموویەتی : (انکم لتقلون عند الطمع وتکثرون عند الفزع) ئێوە کەم ئەبن لە کاتی تەماعاو زۆر ئەبن لە کاتی ترسی جەنگدا · وە ئەمما ئەوە کە فەرموویەتی : (لا تطروني کما اطرت النصارى عیسى بن مریم ، وقولوا عبدالله ورسوله) ئەوە مەعنای ئەوەیە مەدحی من مەکەن بە سیفەتێ کە تیاما نەبێ وەکو گاورەکان وتیان (عیسى ابن الله) یە · (العیاذ بالله العظیم) ·

فەرموودەی خودای تەعالا (الم تر الى الذین اوتوا نصیبا من الکتاب)

ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) کاتێ کەعبی کوڕی ئەشرەف ڕۆییشتە مەکە قورەیش ڕۆیشتن بۆ لای‌و وتیان بە کەعب : تەماشا ناکەی ئەم شەخسە کە بچڕاوە لە عەشرەتەکەی باوەڕی وەهایە کە ئەو چاترە لە ئێمەو ئێمە ئەهلی حەجاج‌و دەرگاوانی کەعبەتوڵلاو خاوەن ئاوی (زەمزەم) ین ؟! جا کەعب وتی : ئێوە باشترن لەو وە لە خوصووصی ڕێگەو ئادابەوە ئێوە

موهتەدی ترن · جا سوورەتی (کوثر) نازڵ بوو وە ئـــەم ئایەتانەیش نازڵ بوون · (اخرجه احمد وابن ابي حاتم) ·

هەروا ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) : ئەو کەسانە کە ئەحزابیان پێکەوە نا لە قورەیشو غەطفانو بەنیقورەیظـە عیبارەت بوون لەمانە (حيي بن اخطب) و (سلام بن ابي الحقيق) و (ربيع بن ابي الحقيق) و (ابو رافع) و (ابو عمـــارة) باقیەکان لە (بەنی نەضیر) بوون · کاتێ ئەمانە هاتن بۆ ناو قورەیش وتیان : ئەمانە عولەمای یەهوودنو خاوەن عیلمن بـە کتێبە قەدیمەکان ·· پرسیاریان لێ بکەن ئایا دینی ئێوە باشترە یا دینی محەمەد (د) · ئەوانیش پرسیاریان لێکردن ، جا جوابیان دانەوەو وتیان : دینی ئێوە باشترە لە دینی (محمد) و ئێـــوە خاوەن هیدایەتترن لە محەمەدو پەیڕەوەکانی · جا خودا ئـەم ئایەتانەی نازڵکردو فەرمووی :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيباً مِـــنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ ؟ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست نابینی ئەو کافرانـــە کـــە بەشێکیان پێدراوە لە کیتابو زانستی تەورات ئـەڕۆن لەنـــاو مەکەییەکانا ئیمان دێنن بە (جبت) و (طاغوت) ؟ [مەبەس لە جبت : هەر مەعبوودێکە پووچو بەتاڵ بێ ، وە مەبـــەس لـــە طاغووت هەموو شتێکی بەتاڵە مەعبوود بێ یا غەیرە مەعبوود] ·

﴿ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا : هَؤُلَاءِ أَهْدَى مِـــنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلاً ﴾ : (٥١)

وە ئەڵێن بە کافرەکانو موشریکەکانی قورەیش کە : ئەوانە موهتەدی ترو باشترن لە جیهەتی ڕێگەوە لەوانە کـە ئیمانیـان هەیە بە خوداو پێغەمەری خودا (د) ·

﴿ أولئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللّهُ ﴾ :

ئەمانە ئەوانەن کە خودای تەعالا دووری کردوونەتەوە لـە ڕەحمەتی خۆی ·

﴿ ومَنْ يَلْعَنِ اللّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ نَصِيراً ﴾ : (٥٢)

وە هەرکەسێ کە خودا لەعنەتی لێ‌کردبێ ئیتر یارمەتـی دەرێکی بۆ دەس ناکەوێ ·

﴿ أمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِنَ المُلْكِ فَاِذاً لا يُؤْتُونَ النَّاس نَقِيراً ﴾ : (٥٣)

یا خەیر ئەمانە بە خەیاڵی بەتاڵی خۆیان وا ئەزانـن کـە بەشێکیان لە موڵك‌و دارایی هەیە وە ئەگەر دەستیان بکـەوێ لەم کاتەدا بەشی کەسی لێ نادەن بە قەی (نەقیر) ێ کە ئـەو قووڵاییەتانێ وا لە پشتی ناوکەخورمادا ·

﴿ أمْ يَحْسُدُونَ النَّاس عَلَى ما آتيهُمُ اللّهُ مِنْ فَضْلِهِ ؟ ﴾ :

یا خەیر حەسوودی ئەبەن بە حەزرەت‌و ئەصحابەکانی لەسەر ئەوەی خودا پێیداون لە فەزڵو پایەی بەرزو مایەی بەڕێز ؟

﴿ فَقَدْ آتَيْنا آلَ إبْراهِيم الْكِتاب والْحِكْمَةَ وآتَيْناهُمْ مُلْكاً عَظِيماً ﴾ : (٥٤)

مادام حەسوودی ئەبەن بە پێغەمەری نـــازار (محمـــد المصطفی) ی موختار لەم بەخشینی پایـــەی پێغەمەرایەتـــیو بڵاوەبوونی یاسای دینەیا با بزانن کە حەسوودی سوودیـــان پێنادا ، ئەوەتە بە راستی دامان بە ئالی ئیبراهیـــم کیتابـــی سەماویو ماریفەتی عەرزی لە ئاگاداری بەســـەر حەقیقەتـــی ئەسبابی ژینی بەختیارییاو موڵكو پایەو مایەو شانو شکۆهێکی گەورەمان پێدان ، جا با بزانم حەسوودی چی کردووە پێیـــان ، یاخود لەمەولا چی ئەکا بەوانە !

بزانن ! موفەسیرەکان مەعنای ئەم ئایەتەیان وەها فەرمووە ئەڵێن : کاتێ کە جوولەکەکان دەستیانکرد بە بڵاوەکردنی قسەی پووچ بە ناو خەڵکا لەبەر حەسوودی بە حەزرەتی پێغەمەر (د) لـــە هۆی پێغەمەرایەتیەوەو لە هۆی زۆری عائیلەو پەیوەندی ناومالیو لە هۆی فیداکاریو جانبازی ئەصحابەکانیەوە ٠٠ خودای تـــەعالا فەرمووی : بۆچی ئەم جوولەکانە لەم حەسوودییە دەســـبەردار نابن ؟ ئایا ئەوان نازانن ئێمە تا چەندێ نیعمەتمان داوە بـــە ئالی ئیبـــراهیم ؟ واتە بە حەزردتی یوسفو داودو سولەیمـــان ، ئەوەتا پایەی پێغەمەرایەتیم پێدانو پایەی زیاسەتو پاشـــاییم پێدانو هێزی داگیرکردنی وڵاتم دایە دەستیان ، دەی وەکو تەوانام بوو ئەوە بکەم لەگەڵ ئەوانا تەوانام هەیە وێنەی ئەوەو زیاتر لەو ئەندازەیش بدەم بە پێغەمەری ئاخرزەمان ، وە هـــەر وەکـــو حەسوودی بردنی دوژمنانی زەمانی ئەو پێشینانە بە پێغەمەرەکان سوودی نەبوو بۆیانو زیانی نەدا لە گیانی ئەوانا ٠٠ وەهـــا

حەسوودی بردنیان ئیستەیش بە محەمەدو رەفیقەکانی زیان نادا لە مەقامی ئەم زاتەیش ٠

وە ئەگەر حەسوودیبردنیان لە خوسووسی ژنو مالو پەیوەندە ئەوە با بزانن کەلێ زۆرتر مالو مندالو ژنم دا بە ئالی ئیبراهیم ٠ ئەوەتە حەزرەتی داود سەد ژنی هەبوو ، وە حەزرەتی سولەیمانیش سێ‌صەد ژنی نیکاحو حەوصەد جارییەی مەملووکەی هەبوو . دەی با پێغەمەری ئاخر زەمانیش شتێکی کەمی ببێ بە نیسبەتی ئەوانەوە ٠

بەلام من تەماشا ئەکەم خودای تەعالا پێغەمەرانی بەنیئیسرائیلی بە عینوانی بەنیئیسرائیل ناوبردووەو جار بەجار بە عینوانی ئەسباط باسیکردوون لەم ئایەتەدا مەقسەد لە ئالی ئیبراهیم ئەبێ هەر حەزرەتی (محمد المصطفی) بێ : چونکی ئەم زاتە لە ئەولادی عەدنانەو عەدنان لە ئەولادی قیداری کوڕی ئیسماعیلەو ئیسماعیلیش کوڕی ئیبراهیمە ٠ جا مەعنای ئایەتەکە دێتە سەر ئەوە یاخود حەسوودی ئەبەن بە محەمەدو ئەصحابەکانی لەسەر ئەو نیعمەتانە کە من پێمداون چ مادی چ مەعنەوی، با هەر بمرنو دەردی دلّیان بێوا من بەخشیم بە محەمەد کە ئالی ئیبراهیمە کیتاب کە قورئانەو حیکمەت کە فەرموودەی محەمەد خۆیەتیو مولكو ریاسەتو پادشاهیەکی پاناوەرو گوشادم پێدا کە لە خۆرهەلاتی ئاسیاوە تا خۆرنشینی ئەفریقا دائەگرێ ٠ جا با بمرن بە داغی ئەم نیعمەتە گەورەوە کە پێمداوە ٠

﴿ فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ صَدَّ عَنْهُ وَكَفَى بِجَهَنَّمَ سَعِيراً ﴾ : (٥٥)

جا لەو کۆمەڵەیە کە حەسوودییەکەیان برد کەسێ کە خـودا شارەزای کرد بۆ پیرۆزیو ئیمانی هێنا بە محەمـەد (د) ، وە لەوانیشە کەسێ کە ئیعرازی نا لە دینی محەمەدو ئیمانی نەهێنا وە بەسە بۆ ئازاردانی ئەو کەسە ئاگری دۆزەخ لـە خوسووسی ئاگری بلێسەدارەوە •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَاراً كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُوداً غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ ﴾ :

بە راستی ئەو کەسانە کە ئینکاری ئایاتی ئێمەیان کـردو باوەڕیان نەکرد پێیان لەمەولا لە رۆژی قیامەتا ئەیانخەینە نـاو ئاگرەوەو بە دەوام هەرکاتێ پێستیان بکوڵێ بـە ئاگر ئـەو پێستەیان بۆ ئەگۆڕین بە پێستێکی تر بۆ ئەوە کە ئەو عەزابـە بچەژن •

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَزِيزاً حَكِيماً ﴾ : (٥٦)

بە راستی خودای تەعالا زاڵە بەسەر خواستی خۆیاو خاوەن حیکمەتو خاوەن کاری هەموارە لە عالەما •

بزانن ! خودای تەعالا لە رۆژی قیامەتا کە عەزابی ئـەهلی دۆزەخ ئەدا خواه بە ئاگر پێستیان بسووتێنێ یا گۆشت یا ئێسقان ئەوە عەزابەکە هەر بۆ رۆحی کابرایە ؛ چونکی رۆحی خـاوەن شوعوور عەلاقەی بە ئینسانەوە ئەبێ ، بە قەطعی ئینسان ئاگادار

نابێ لەسەر عەزابو ئازار ، بەڵام بۆیە بە تایبەتی باسی پێستی کردووە لەبەر ئەوە ئەڵێن ئازاری سوتاو وا لە پێستا وە ئەگەر پێستەکەی نەبێ عەزابەکە دەرك ناکا ٠

﴿ والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأنْهارُ خالِدِينَ فِيها أبَداً ﴾:

وە ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوەو لەگەڵ ئیمـــانو باوەڕەکەیشا کردەوەی باشیان کردووە ئەوانە بـــە راســـتی ئەیانهاوینە ناو ئەو بەهەشتانەی کە جۆبار لە بنی دارەکانیەوە رەاون ئەبێو حاڵیان وایە بڕیاری دەوامیان داوە بۆ خۆیان لەسەر ئەمری خودا هەتا هەتایە ٠

﴿ لَهُمْ فِيها أزْواجٌ مُطَهَّرَةٌ ﴾ :

کە هەیە بۆ ئەو موسوڵمانانە لەو بەهەشتەدا گەلێ حـــۆری وەها کە پاك کراونەتەوە نە بەدخوویىو بەدڕوویـــی وە لـــە بەدوتاریو بەدکرداری وەکو پاکن لە خوێنی حەیزو زەیسانی ٠

﴿ ونُدْخِلُهُمْ ظِلاً ظَلِيلاً ﴾ : (٥٧)

ئەیانخەینە ناو سێبەرێکی پڕەوە بە نەوعێ ئازاریان پـــێ نەگا لە گەرمای رۆژا ٠

فەرموودەی خودا (ان الله یامرکم ان تؤدوا الامانات)

ئیبنو مەردەویەهو ئیبنو عەساکیر ریوایەتیان کردووە لـــە ئیبنو عەبباسەوە (خ) ئەڵێ : کاتێ کە حەزرەت (د) فەتحی شاری

مەکەی کرد عوثمانی کوڕی طەلحە کە کلیلەوانی کەعبە بـــوو بانگی کرد کە هاتە خزمەتی فەرمووی : کلیلەکەی کەعبـــەم بدەرێ ، کاتێ عوثمان دەستی راکێشا کلیلەکە بدا بە حـــەزرەت (د) عەباس عەرزی کرد : باوکم بە قوربانت بێ ئەو کلیلەم بدەرێ با کلیلەوانی کەعبەیش بخەینە پاڵ وەزیفەی سیقایەی زەمزەم‌و هەردوو وەزیفەکە بکەوێتە لای خۆمان • کاتێ عوثمان ئەم قسەیە بیست دەستی گێڕاوە بۆ دواوەو کلیلەکەی نەدا بە حـەزرەت (د) و حەزرەت بۆ جاری دووەم فەرمووی بە عوثمان : کلیلەکەم بدەرێ ! ئەویش کلیلەکەی بۆ راداو عەرزی کرد : بیگرە بـــە ئەمانەتی خودا • جا حەزرەت دەرگای کەعبەی کردەوەو رۆیشتە ناو کەعبەوەو دوو رکات نوێژی کرد ، کە حەزرەت هاتەدەرەوە لە نزیکی کەعبەدا بوو ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو حەزرەت ئەمری فەرموو بە عەلی (ک) کلیلەکەی دایەوە بە عوثمان‌و لە واقیعەکە حاڵی بوو وە ئەمە بوو بە هۆی موسوڵمان بوونی عوثمانی کوڕی طەلحەو کلیلەوانی کەعبە بوو بە وەزیفەی ئەوان هەتاهەتایە • جا ئایەتەکە هەرچەن لە پاش فەتحی مەکەو لە هۆی کلیلەکـــەوە نازڵ‌بوو بەڵام خیتابی عامە بۆ هەموو موکەلەفێ‌و ئەمرە بـــە دانەوەی هەموو ئەمانەتێ • وەکو خودا ئەفەرموێت :

﴿ إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الأَمانَاتِ إِلـــــى أَهْلِها ﴾ :

بە راستی خودای تەعالا ئەمرتان پێ ئەکا ، ئەی موکەلەفەکان

بەوە کە رەدی ئەمانەتەکان بکەنەوە بۆ لای ئەهلەکەیان • واتــە هەر کاتێ ئینسانێ شتێکی دایە دەستان کە لەلاتان بێ بۆ پارازتن ئەوە لە کاتی داواکردنیا بیدەنەوە پێیو هەرکاتێ کەسێ پایـــەو وەزیفەیەکی هەبوو وەکو هەر نەوعە ئیدارەیێ : باخەوانــی ، ئلیلەوانی ، پاسەوانی ••• و ئێوە دەستان بەسەراگرت ئـــەوە مادام خاوەنی ئەوانە بە راستی ئەهلن بۆ ئەو ئیشـــە واجبـــە لەسەرتان وەزیفەکە بدەنەوە دەستیانو بە ناحــەق عەزلیـــان نەکەن •

﴿ وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالعَدْلِ ﴾ :

وە خودا ئەمرتان پێ ئەکا هەر کاتێ کە حوکمتان دا لە بەینی دوو جانیبی (مدعی) و (مدعی علیه) دا لەم ئادەمیزادە لە هەر داوایێ دێتە لاتان ئەی حوکمدارەکان کە حوکم بدەن لەسەریـان بە عەدالەتو بە شێوەیێ کە حەقی کەس نەدەن بە کەسو حەقـی کەس نەفەوتێنن •

﴿ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ﴾ :

بە راستی زۆر چاکە ئەو وەعزو نەسیحەتە کە خودای تەعالا وعزی ئێوەی پێ ئەکا •

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا ﴾ : (٥٨)

بە راستی خودا شنەوایە بۆ هەموو گوفتارێو بینایە بـــە هەموو رەفتارێ وە هەرکەسێ لە ئامۆژگاری خودا پشت هەڵبکا

ئەوە روو ئەکا لە دۆزەخ ؛ ئەگەر خودا چاوپۆشی لیٚ نەکا عەزابی سەختی ئەدا ٠

لام وایــە ئەگــەر خــاوەن‌دەستان‌و فەرمانــڕەوایان رەفتاریان‌بکردایە بەم یاسایە گەلیٚ جیهان بە رووناکی‌ی ئــەم چرایە رووناك ئەبووەوەو کار نەئەدرا بە نائەهل‌و ئەهل لــە کردەوەی بەکار نەدەکەوت . بەلاّم مادام ئەمانەت لە دەســتی ئەهلەکەیا نامیٚنیٚ‌و نائەهل وەری ئەگریٚ دنیا تاریکە ٠

بزانن ! لەم ئایەتەدا پرسیار ئەکریٚ : ئەوانە کە موخاتەبن بەم ئەمرە کیٚن ؟ جوابەکەی ئەمەیە : هەرچەن بە قەرینەی جوملەی (واذا حکمتم بین الناس)دا وا دەرئەکەویٚ کە موخاتەب ئینسانی گەورەو خــاوەن دەســتەلاّت بــیٚ ؛ چــونکی ئومووراتی گەلــیٚ ئادەمیزاد ئەکەویٚتە لای ئــەوان بەوان ئەکریٚ کــە ئەمانــەت بدەنەوە بە خاوەنەکەی‌و حەق بدنەوە بە خاوەنەکەی‌و حەق بدەنە دەستی خاوەن حەق‌و ئەمریان ئەڕواو ئەمە مەعلوومە ٠ بــەلاّم زاهیری کەلامەکە بۆ هەموو موسوڵمانیٚکی موکەلەفەو بە پیٚی ئەم ئەمرە هەرکەسیٚ هەر ئەمانەتیٚکی لەلابیٚ چ ئەمانەتی خودایی بیٚ وەکو نویٚژو ، رۆژوو حەج‌و باقی واجباتیٚ لەسەر ئینسان بــیٚ ، یاخود حەقی خەڵکی بیٚ وەکو قەرزیٚ لەسەرت بیٚ ، وەکو میراتیٚکی وا کە موشتەرەك بیٚ لە بەینی ئەوو باقی میراتبەرەکانا کە ئەمــە زۆر واقیعە لە بەینی عائیلەکانا برای گەورە هەموو ماڵی ئــەو منداڵە هەتیوانە ئەخوا ، وە کاتیٚ گەورە بوون داوای حەقــی خۆیان ئەکەن لە باتی حەقەکەیان بدریٚتەوە فیتنەو ئاشووب پەیدا

ئەکەن ، وە وەکو ماڵێ کە موسوڵمانان لەبەر باوەڕپێکردن بــە ئەمانەت ئەیدەنە دەستی کەسێ کەچی ئەو کەسە کارێ ئەکا بــەو ماڵە دوور لە دین بێ وە کاتێ خاوەنەکەیشی داوای ئەکاتـــەوە ئینکاری ئەکەن ، هەروا وەکو ئەوە کەسێ یەکێ ئەکا بە وەصـی لەسەر گەلێ هەتیوو ماڵێ ئەداتە دەستی سەرفی بکا بۆیان (مع انە) سەرفی ناکا ، یا وەکو ئەوە ئینسانێ یقدارێ ئەخوێنێو ئەحکامی دین فێر ئەبێ کە واجبە لەسەری ئەو مەعلووماتە بە دەرزو بــە ئامۆژگاریو بە فتوای دانا بگەیەنێ بە خاوەنەکانی (مع انــە) دەرزەکە ئەفەوتێنێو ئامۆژگارییەکە وەها ناکا سوودی تێدا بێو فتواکەیش لەسەر واقیع لائەدا گەلێ جار ئەزانێ کە حەق چۆنــە بەلام ئەیگۆڕێ ٠ وە یا چەند مەئموورێ لە دائیرەی ئەوقافا یا لــە دائیرەیەکی ترا بە راستی ئاگایان هەیە لەوە کە فلانە وەزیفە حەقی کێیەو واجبە بدرێ بەو کەسە (مع انە) بە ئارەزووی نەفس یا بە موقابیلی میقدارێ ئیعتیباراتەوە ئەو کەسە مەحرووم ئەکەن لەو حەقە ٠٠٠ ئەمانە هەموو ئەمانەتنو واجبە هەرکەسێ بــە قەی حاڵ جێبەجێیان بکا (مع انە) کەم کەس موبالاتیان پــێ ئەکا !

بە کورتی ئەمانەت لەبــــەر زۆری ناژمێررێن بـــەلام سوهیمەکانیان لە ئەحکاما چوارن : (ودیعة) و (لقطة) و (رهن) و (عارية) . واتە ماڵێ بە ئەمانەت دانرابێ لە لات یا شتـــێ دۆزیبێتتەوەو ، یا رەهنێ دانرابێ لات لە بەرابەری قەرزێکەوە ـ مەثەلا ـ وە یا شتێ بە خواستن خواستبێت وەکو ولاغێ بـــۆ

سواری‌ی ، گایێ بۆ جووت‌کردن‌و لیباسێ بۆ له‌به‌رکردن‌و کتێبێ بۆ ده‌رزتیا خوێندن ۰۰۰ وهکذا ۰

وه حه‌زره‌ت (د) له (حجة الوداع) فه‌رمووی : (العاريــة مؤداة ، والمنحة مردودة ، والدين مقضى . والزعيم غارم) واته : خواسته‌مه‌نی ئه‌بێ بدرێته‌وه ، وه حه‌یوانێ ئه‌رتگرتبێ شیری بخۆی ئه‌بێ له ئاخری سالا بیگێڕیته‌وه بۆ خاوه‌نه‌که‌ی ۰

هه‌روا فه‌رمووده‌ی حه‌زره‌ت (د) له باســـی ریعایـــه‌ت‌و مه‌سئولیه‌ته‌وه ئه‌ویش هه‌ر له بابی ئه‌مر به ئه‌دای ئه‌مانه‌تـــه که فه‌رموویه‌تی : (كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته فالامام راع وهو مسؤول عن رعيته والرجل راع على أهله وهو مسؤول عنهم ، والمراة راعية على بيت زوجها وهي مسؤولة عنه ، والعبد راع على مال سيده وهو مسؤول عنه ، الا فكلكم راع وكلكـــم مسؤول عن رعيته) ۰ واته هه‌مووتان بـــه چاودێرو نیگابـــان دانراون‌و هه‌مووتان پرسیارتان لێ ئه‌کرێ له‌وه‌ی که وا له‌بـــه‌ر چاوتانا : پادشای ئیسلام چاودێره‌و پرسیاری لێ ئه‌کرێ له‌وه‌ی وا له‌به‌ر چاویا ، پیاو نیگابانه له‌سه‌ر عائیله‌و ئه‌ولادی‌و پرسیاری لێ ئه‌کرێ له‌وان ، وه ژن نیگابانه له‌سه‌ر مالی مێرده‌که‌ی‌و ئـــه‌و پرسیاری لێ ئه‌کرێ له‌و ماله ، وه به‌نده نیگابانه له‌سه‌ر مالـــی سه‌ییده‌که‌ی‌و پرسیاری لێ ئه‌کرێ له‌سه‌ر ئه‌و ماله ۰۰۰ ده‌ی ســا ئاگاداربینه‌وه که هه‌مووتان نیگابانن‌و هه‌مووتان پرسیارتان لێ ئه‌کرێ له‌و نیگابانی‌یه ۰

فەرموودەی خودای تەعالا (یا أیها الذین آمنوا اطیعـــوا للە •••) الایة

ئیمامی بوخاریو موسلیمو ئیمامی ئەحمـــەدو غەیـــری ئەوانیش ریوایەتیانکردووە لـــە ئیبـــنو عەباســـەوە (خ) ئەفەرمویت : ئەم ئایەتە نازڵبوو لە شانی عەبدوڵلای کـــوڕی حەزافەدا (خ) لە کاتێکا کە حەزرەت (د) رەوانەی کردبوو بـــە سیفەتی فەرماندار لە تیپێ لە یارانا ، کاتێ دەرچـــوون لـــە رێگەدا لەسەر شتێ غەزەبی لێگرتنو پێی وتن : ئایا حـــەزرەت ئەمری نەکرد پێتان کە ئیتاعەی من بکەن ؟ وتیان : بەڵێ • وتی : دەی بازێ دارم بۆ کۆبکەنەوە ! ئەوانیش دارەکەیان هێنـــاو ئاگری پێوەنا تا باش هەڵگیرسا ، جا وتی پێیان سوێندتان ئـــەدەم نەبێ بڕۆن بۆ ناو ئەو ئاگرە ! لەو کاتەدا جوانێ لە تیپەکـــەدا وتی پێیان : ئێمە بۆیە ئیمانمان هێناوە بە حەزرەت کە خـــودا لە ئاگری دۆزەخ دوورمان بخاتەوە ئیستە لە دنیادا چۆن ئەڕۆنە ناو ئاگر ؟! خۆتان بگرن تا ئەڕۆینەوە خزمەتی حەزرەت (د) و پرسیار ئەکەین ، ئەگەر فەرمووی بڕۆنە ناو ئاگریشەوە ئەوسا باشە ئەڕۆین ؛ جا کاتێ هاتنەوە باسەکەیان گێڕایەوە بۆ حەزرەت ئەویش فەرمووی : ئەگەر بچوونایەتە ئەو ئاگـــرە ئیتـــر دەرنەدەچوون • ئیتاعەی ئامیر لە کاری مەشرووعا پێویستە نەك غەیرەمەشرووعا •

جا عەللامەی عەسقەلانی لە (فتح الباری) دا فەرموویەتی ·

مەقسوود لەم ئایەتە فەرموودەی خودایە : (فان تنازعتم في شيء ۰۰۰ الاية) چونکی ئەو جەماعەتە نیزاعیان کرد لە چوونەناو ئاگرەکەداو لە ئەنجاما قسەکەیان هێنایەوە بۆ لای حەزرەت ، ئەوە بوو ئەویش فەرمووی : ئیتاعە واجبە لە شتی مەشرووعاو لە غەیرەمەشرووعا واجب نیە ۰ خودای تەعالا فەرموویەتی :

﴿ يا أَيُّها الَّذين آمَنُوا أَطِيعُوا اللّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُول وَأُولي الأَمْرِ مِنْكُمْ : فَإِن تَنازَعْتُمْ في شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلى اللهِ والرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُون بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ ذلِك خَيْرٌ وأَحْسَنُ تَأْوِيلا ﴾ : (٥٩)

واتە ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە فەرمانی خودا وەربگرن لە هەموو ئەمرو نەهیەکدا کە لە قورئاندا نازڵیکردووەو ، ئیتاعەی پێغەمەری خودا بکەن چ لە تەتبیقی قورئاناو چ لە ئەمرو نەهیەکدا کە خۆی دەیکا ، وە ئیتاعەی خاوەن ئەمرەکانیش بکەن لە خۆتان ، واتە لە موسوڵمانان ، وە ئەگەر نیزاع کەوتە ناوبەینی ئێوەو خاوەن ئەمرەکانتان لە شتێکدا ئەوە ئەو جێگەی نیزاعە بگەڕێننەوە بۆ سەر موافەقەی کیتابی خوداو سوننەتی رەسوول (د) وە ئەم گێڕاننەوەی نیزاعە بۆ لای خوداو پێغەمەری خودا چاکترە لە ئەنجاما وەی لەوە خۆتان بە بیری خۆتان چاری نیزاعەکە بکەن ، ئەگەر ئیمانتان ساغە بە خوداو بە پاشەڕۆژ ۰

جا با بزانین مەبەس لە خاوەن ئەمرەکان کێیە ؟ ئیمامی

فەخری رازی (خ) لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی لە (اولی الامر) دا چەن بیرێ هەیە : یەکەم : مەبەس لەوانە خەلیفە راشیدەکانــــە کە ئیدارەی ئومووری موسوڵمانان ئەکەنو جێگەداری حەزرەتن.

دووهەم : فەرماندارانی سوپایە بە قەرینەی ئەوەدا کــــە ئەم ئایەتە لەسەر نیزاعی بەینی عەبدوڵلای کوڕی حەزافــــەی کوڕی قەیسو ئەفرادی تیپەکەیا نازڵ بوو . سێهەم : موراد ئەو عالمانەیە کە فەتوا ئەدەن بــۆ موسوڵمانان لە ئەحکامی دینــا . چوارەم : موراد ئیمامە مەعسوومەکانە . وە لە پێش باســـی ئەمانەدا فەرموویەتی : مەبەس لە (اولی الامــــر) ئیجماعـــی موجتەهیدینی ئوممەتە کە ئیتاعەیان واجبە .

بەڵام لەسەر موتالەعەو موراجەعەی تەفسیرەکانو لەســـەر قەناعەتی خۆم مەبەس لە (اولی الامر) کاربەدەستەکانی ئیسلامە کە عیبارەتن لە حوکمدارانی هەموو ئادەمیزادی موسوڵمان لەبەر ئەوە ئەم ئوممەتە زۆرە بڵاوبووەتەوە بە جیهاناو کیتـــــابو سوننەتی پێغەمەر وەها پێویستە بۆ ئەوە بکرێ بــــە یاســـاو دەستووری رەفتاری موسوڵمانان وەها فەرماندارێکی ئـەوێ کە تەنفیزو تەتبیقی کیتابو سوننەتو شەریعەتی ئیسلام بکا لە ناو عالەما . جا ئەگەر ئەم حوکمدارانە حوکمێکی خاص یا عامیان دا تەماشا ئەکرێ ؛ ئەگەر موافیقی شەرع بێ ، واتە موافیقـــــی کیتابو سوننەت بێ (نصا) یا (دلالة) ئەوە زۆر باشــــە وە ئەگەر موخالیفی ئەمانە بوو ئەوە مادام نیزاعیان کرد لەگەڵیـــا واجبە بۆ حەلی ئەو نیزاعە موراجەعە بکەن بە نوصووص ؛ ئەگەر

به شێوەیەکی راست ئەو نوصووصە شامیلی ئەو حوکمە نەبوو ئەوە واجبە لەسەر موسوڵمانان ئەبێ ئەو حوکمە رەدبکرێتەوە ؛ چونکی شتێ نەصی تێدا نەبێو مەسڵەحەتی عامی تیا نەبێ بەتاڵە . وە باقی ئەوو بیرانە لە تەفسیری (اولی الامر) دا بەیانکراوە هەموو بێ عەیبنابن ؛ ئەمما خولەفای راشیدین ئەوە دیارە کە ماوەی سی ساڵ نەبێ لە سەدری ئیسلام ئیتر خەلیفەی راشیدمان تاقو تەرایێ بووە لە ماوەیەکی کەمدا ، وە فەرماندارانی سوپا ئەوە ئەمری ئەوان وەکو ئەمری کاربەدەستە گەورەکانە ، چونکی ئەوان ئەیانکەن بە ئامیری سوپاو فەرمانیان پێئەدەن ، وە ئەو عالمانە کە فەتوا ئەدەن ئەووەڵەن موسوڵمان مولزەم نیە بەوە لە هەر لایەکدا بیێو مەجبوور نیە بەوە هەر تابیعی ئەو عالمە بێ ، وە لەسەر تەقدیری تابیعبوونی بەو عالمە ئەوە ئەگەر حوکمەکەی یا فەتواکەی موافیقی کیتاب یا سوننەت بێ ئەوە هەر داخڵە لە ئیتاعەی کیتاب یا سوننەتا وە ئەگەر ئیستینباطو ئیجتیهاد بیباتەوە سەر کیتاب یا سوننەت واجب نیە لەسەر کابرای موسوڵمان هەر تابیعی ئەو موجتەهیدە بێ ؛ چونکی لە پەیڕەویدا دینی ئیسلام گوشادە . وە ئیمامە مەعسوومەکانیش بۆ ماوەیەکی مەحدوود مەوجوود بوونو پاش ئەو ماوە لازم ئەکا عالەمی ئیسلام بێ مەرجەع نەبێ . وە ئیجماعی موجتەهیدینیش ، وەکو ئیمامی رازی فەرموویەتی بەڵێ ئەگەر بە دەگمەن رێبکەوێ ئەوە باشە بەلام رێناکەوێو بەس بۆ ماوەیەکی کەم بووە لە سەدری ئیسلامدا پاش ئەوە

ئەمان بیستووە مادەیەکی خیلافیی بە شێوەی ئیجماع چار بکرێ ٠

کەوابێ هەر حەق ئەوەیە کە مەبەس لە (اولی الامر) فەرماندارەکانی ئیسلام بێ ، خواه یەك بن وەکو لە سەدری ئیسلامەوە تا ماوەیێ یەك خەلیفە بووە لە بۆ موسوڵمانان ، یاخود زۆر بن وەکو ئەو زەمانانە کە هەر قوترێ لە ئەقتار بە دەستی گەورەیەکەوە بووە ٠ وە عالەمی ژێردەستەی خۆیانیان داگیر کردووە ، جا لەو سوورەتانەدا ئیتاعەو فەرمانبەرداریی ئەوانە واجبە هەرچەن کە پیاوی (متغلب) بن چونکی ئیتاعەی کەسێکی (متغلب) گەلێ لەوە باشترە کە عالەمێ بە بێ فەرماندار داکەوێو هەموو شارو لادێیێ ببێ بە جێگەی ئاشووبو کاری ناهەموار وە لەم حاڵەدا ئەگەر حوکمەکەیان موافیقی شەرع بوو ئەوە زۆر موافیقە ، وە ئەگەر موخالیفی شەرع بوو ئەوە مادام کابرا ئیتاعەی شەرع بکا عالمانو پیاوانی بە ئیعتیبار لە وڵاتا کابرای حاکم ئەگەڕێننەوە بۆ ڕێگەی حەق ، وە ئەگەر خۆ ئیتاعەی شەرعی نەکرد ئەوە واجبە بە قەی ئیمکان موسوڵمانان تێکۆشن بۆ گۆڕینی وەزع ، جا ئەگەر بۆیان گۆڕرا ئەوە باشە ئەگەرنا چار نامێنێ (انا لله وانا الیه راجعون) پێویستە مل رابکێشین تا خودا دەرووێ ئەکاتەوە ٠

عەلاوی ئەمانە ئەگەر (اولی الامر) بە غەیری ئەم حوکمدارانە تەفسیر بکەینەوە لەگەڵ زاهیری (فان تنازعتم في شيء) دا ڕێك ناکەوێ ؛ چونکی (اولی الامر) ئیجماع بێ یا ئیمامی مەعسووم بێ نیزاع لەگەڵ ئەهلی ئیجماع وە یا ئیمامی

مەعسووم لە خیتابا مەعقوول نیە •

وە ئەگەر خەلیفەی راشید بێ ئەوەراشید بەوە ئەڵێــــن لانەدا لە حەق ، جا مادام لای نەدا لە حەق ئەوە نیزاع چۆن ئەکرێ لەگەڵیا تا رەددی نیزاعەکە بکەینەوە بۆ لای کیتابو سوننەت ، وە ئەگەر عالمانی موجتەهید وە یا عالمانی خاوەن فەتوان ئــــەوە قسەی ئەوان مولزیم نیە بۆ موسوڵمان ئەتوانێ لە قسەی ئــەوان لابدا بۆ قسەی کەسێکی ترو موبالات بەو نەکا •

فەرموودەی خودا (الم تر الی الذین یزعمون ••• الایات)

ئیبنو ئەبیحاتەمو ئیبنو ئیسحاقریوایەتیان کردووە لــە ئیبنو عەباسەوە (خ) فەرموویەتی : حەلاس کوڕی صامیــــتو موعتەبی کوڕی قوشەیرو رافیعی کــوڕی زەیــــد کـــە داوای ئیسلامیەتیان ئەکرد نیزاعێ پەیدابوو لە بەینـــــی ئــــــەوانو جەماعەتێ لە موسوڵمانان وتیان بە حەلاسو رەفیقەکانیان : بــا بڕۆین بۆ خزمەتی حەزرەت (د) حوکم بدا لە ناومانا ، ئەوانیش وتیان : نەخەیر بڕۆین بۆ لای کاهینەکان کە حاکمی زەمانـــــی جاهیلیەت بوون • جا خودای تەعالا ئەم ئایەتانەی نازڵکرد •

وە ئیبنو جەریر ریوایەت ئەکا لە شەعبیـــــەوە ئەڵــێ : نیزاعێ واقیع بوو لە بەینی جوولەکەیێو منافەقێکا ، جوولەکەکە وتی : من موحاکەمەت لە گەڵدا ئەکەم لەلای گەورەی دینەکەت ؛ چونکی ئەیزانی حەزرەت حوکم ئەدا بە حــەقو منافەقەکـــــە

ئەیوت : بڕۆین بۆ لای حوکامەکانی ناو منافەقەکان ؛ چونکــــی ئەیزانی ئەوان بەرتیل وەرئەگرن لەسەر ئەمە ئیختیلاف کەوتــە بەینیان‌و لە ئەنجاما رۆییشتن بۆ لای کاهینێ لـــە قەبیلـــەی جرهەینەو ئەم ئایەتانە نازڵ بوون ٠

هەروا ریوایەتکراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) کە ئەبـــو بەرزەی ئەسلەمی کاهین بوو وە جوولەکەکـان موراجەعەیـــان پێئەکرد لە مورافەعاتاو موسوڵمانەکانیش جارجار ئەڕۆییشتن بـــۆ لای هەتا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون ٠

وە ریوایەتکراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) ئەڵێ : لە بەینی منافەقێ‌و یەهوودییەکدا داوایێ بوو ، یەهوودییەکە وتی : بـــا بڕۆین بۆ لای محەمەد (د) و منافەقەکە وتی : نە با بڕۆین بـــۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف‌و یەهوودییەکە وتی : نابێ هـــــەر ئەبێ بڕۆین بۆ لای محەمەد ، جا منافقەکە ناچار هات لەگەڵیا بۆ لای حەزرەت (د) ئەویش حوکمی دا بۆ یەهوودییەکە ! کاتـــێ هاتنەدەر منافقەکە وتی : رازی نابـــم ، با بڕۆیـــن بـــۆ لای ئەبوبەکر ، وە رۆییشتن بۆ لای ئەبوبەکر ئەویش حوکمـــی دا بۆ یەهوودییەکە ! منافقەکە بەمەیش رازی نەبوو ، وتی : بـــا بڕۆین بۆ لای عومەر ، وە رۆییشتن بۆ لای عومەر ٠ لەویـــا یەهوودییەکە وتی : رۆییشتینە لای حەزرەت‌و حوکمی بۆ دام‌و ئەمە رازی نەبوو ، وە رۆییشتین بۆ لای ئەبوبەکر ئەویـــش حوکمی دا بۆم هەر رازی نەبوو ٠ جا عومەر فەرمـووی بـــە منافقەکە : راست وایە ؟ منافقەکە وتی : بەڵێ وایە ٠ جا عومەر

وتی : راوەستن هەتا ئەڕۆمەماڵەوەو دێم بۆ لاتان • عومـــــەر ڕۆییشتە ماڵەوە شیرەکەی هەڵگرتو دای لە ملی کابرای منافقو کوشتیو وتی : ئاوا حوکم ئەکەم بەسەر ئەو کەسەدا کـە بـــە حوکمی خوداو پێغەمەری خودا رازی نەبێ • وە یەهوودییەکـە ترساو رای‌کرد • جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ، وە حـــەزرەت (د) فەرمووی بە عومەر : (انت الفاروق) جا خودا فەرمووی :

﴿ اَلَمْ تَرَ اِلى الَّذينَ يَزْعُمُونَ اَنَّهُمْ آمَنُوا بِما أنْزِلَ اِلَيْكَ و ما أنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ ؟ يُرِيدُونَ اَنْ يَتَحاكَمُوا اِلى الطّاغُوتِ ﴾ :

واتە : ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئایا تۆ تەماشا ناکـەیو ناڕوانی بۆ ئەو کەسانە کە گومانیان وایە ئیمانیان هێناوە بـەو کتێبە کە نازڵ‌کراوە بۆ لای تۆ کە قورئانەو بەو کتێبەیش کـــە نازڵ‌کراوە لە پێش تۆدا وەکو تەورات بێ ؟ خواستیان لەســـەر ئەوەیە کە موحاکەمەکەی خۆیان ببەن بۆ لای کافـــری خـــاوەن طوغیان کە کەعبی کوڕی ئەشرەفە !

﴿ وَقَدْ أمِرُوا اَنْ يَكْفُرُوا بِهِ ﴾ :

وەلحاڵ لە لایەنی خوداوە ئەمریان پێ‌کراوە کە ئینکـــاری روشدی ئەو کافرە بکرێ •

﴿ ويُرِيدُ الشَّيْطانُ اَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلالاً بَعِيداً ﴾ (٦٠)

وە شەیتانی مەلعوونیش ئەیەوێ کە ئەو فەقیرانە گۆمـــڕا بکا بە گومڕاییەکی دوور لە ئەندازە •

﴿ وإذا قيلَ لَهُمْ : تَعالَوْا إلى ما أنْـزَلَ اللهُ وَإلى الرَّسُولِ ، رَأيْتَ المُنافِقِين يَصُدُّون عَنْكَ صُدوداً! ﴾ (٦١)

وه كاتێ بوترێ بەو منافقانه : بێن بۆ لای حوكمی خـوداو بۆ لای پێغەمەری خودا ، چاوت ئەكەوێ بە منافقەكان ئیعرازت لێ ئەنێن بە ئیعرازنانێ زۆر تەواو !

﴿ فكَيْفَ إذا أصابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ بِما قَدَّمَت أيْدِيهِمْ ثُمَّ جاؤُكَ يَحْلِفُونَ بِاللهِ : إنْ أرَدْنا إلاّ إحْساناً وَتَوْفِيقاً ؟! ﴾ : (٦٢)

دەی ئەوە كاتێ كە تووشی مسیبەتێ بوون ؛ وەكو كوژرانی ئەو منافقە لە لایەنیعومەرەوە چۆن ئەتوانن سوێند بخۆن كـه : ئێمە مەقسەدمان هەر چاكەكردن بوو ، وە مەبەستمان رێكخستنی مابەینی هەردوو داواچیەكان بوو ؟! ئەگەر راست ئەكەن ئـەو رێخستنیانە لە لای پێغەمەرا ئاسانتر ئەبوو ٠

﴿ أولئِكَ الَّذِينَ يَعلَمُ اللهُ ما في قُلُوبِهِمْ ﴾ :

ئەو كەسانە كەسانێكن كە خودا ئەزانێ بەوەی وا لە دڵیانا لە نیفاقو دوورِووییو بێئیمانیی ٠

﴿ فَأعْرِضْ عَنْهُمْ ﴾ :

وازیان لێبێنەو فەرمان مەدە بە موعاقەبەیان با لەمە زیاتر بێنی نەڕوا بە وڵاتا ٠

﴿ وَعِظْهُمْ ﴾ :

بەڵام ئامۆژگارییان بكەو ئیرشادیان بكە بە شێوەیێ كـــه

بازێ لەوان بێتەوە سەر رێگەی راست ٠

﴿ وقُلْ لَهُمْ في أنْفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً ﴾ : (٦٣)

وە بلێ بەوان لە خوسووسی ئەحواڵی نەفسیانەوە قسەیەکی وا موطابیقی حاڵیان بێ ، واتە ئەوانە کە منافقن وا تێئەگەن کە تۆ ئاگات لە ئەحواڵیان نیە ، وە ئەم درۆو دووڕووییەی ئەوانە دیارنیە لە لاتو پێویستە تۆ تێیان بگەیەنی کە خودا بە هەموو شتێ ئەزانێو ئەحواڵی ئێوەیش دەرئەخا بۆ ئێمە ، کەوابوو سوودی ئێوە بۆ دنیاو قیامەتتان لەوەدایە کە ئیمانەکەتان راست بکەنەوەو لەمەولا بە کردەوەی ساخ خۆتان بڕازێننەوە هەتا خودا سەرفی نەزەرتان لێبکاتو لە عەزاب رزگار ببن ، وە ئیحتیمالی هەیە کە (في انفسهم) بەسرابێ بە لەفزی (بليغا) وە واتە قسەیەکیان بۆ بکە کە تەئسیر بکا لە نەفسیانا ٠

ئیمامی قورطوبی فەرموویەتی وتراوە : کە ئایەتی (فكيف اذا اصابتهم مصيبة بما قدمت ايديهم) نازڵبووە لە شانی ئەو کەسانەدا کە مەسجیدی ضیراریان دروست کرد ٠ کاتێ کە خودا نیفاقەکەیانی دەرخستو ئەمری کرد بە رووخاندنی مزگەوتەکە سوێندیان خوارد بۆ حەزرەت : کە ئەم مزگەوتەمان بۆ عیبادەت کردووە لەبەر دیفاع لە نەفسی خۆیان ٠

﴿ وَما أرْسَلْنا مِنْ رَسُولٍ اِلاَّ لِيُطَاعَ بِاِذْنِ اللهِ ﴾ :

وە ئێمە هیچ پێغەمەرێکمان رەوانە نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە کە ئیتاعەی بکرێ لەسەر ئیزنو ئیجازەی خودای تەعالا ٠

﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ جاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللهَ واسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ ﴾ :

ئەگەر وەزع وابوایێ ئەو منافقانە لەو کاتەدا کە ستەمیان لە خۆیان کرد بەو موعامەلە ناشیرینەو بە بردنی موحاکەمە بۆ لای گومڕاکان بهاتنایێ بۆ لای تۆ ود داوای چاوپۆشییان بکردایێ لە خودا بە دەربڕینی پەشیمانیو تەوبەیان بکردایە بە ئیخلاسو ساغی وە پێغەمەری خودایش داوای چاوپۆشیی بۆ بکردایەن لە خودا •

﴿ لَوَجَدُوا اللهَ تَوّاباً رَحِيماً ﴾ : (٦٤)

بە راستی خودای تەعالایان دەست ئەکەوت بە تەوابو تۆبە قەبوولکەرو میهرەبان بۆ ئەوان وەکو بۆ باقی مەرحوومین •

﴿ فَلا ﴾ :

ردده بۆ بیرو باوەڕی منافقەکان ، واتە واقیع وا نیە کە ئەوان گومان ئەبەنو ئەو ئیمانەیش کە ئەوان داوای ئەکەن لەسەر حەقیقەت نیە •

﴿ وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيما شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴾ :

قەسەم بەو کەسە کەوا تۆی پێگەیاند ئەو منافقانە ئیمان ناهێنن بەڕاستیو بە خاوەن ئیمان حسێب ناکرێن لە لای خودا هەتا بە ئارەزووی دڵ تۆ ئەکەن بە حەکەمو فەرمانداری فەرمانڕەوا لەو نیزاعەدا واقیع ئەبێ لە ناویانا •

﴿ ثُمَّ لا يَجِدُوا في أنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّموا تَسْلِيماً ﴾ : (٦٥)

وه له پاش ئەوەیش كه تۆیان كرد به فەرمانڕەوای خۆیان بۆ حوكمی بەینی ئەوان له نەفسی خۆیانا هیچ گرانیو تەنگیو ئازارێ نەبێنن لەو حوكمەدا كه تۆ حوكمت پێكردووەو بــه گیان ملكەچ ببن بۆ تۆ ٠

جا وەكو له پێشەوه باسمان كرد ئەم ئایەتانه نازڵبوون له پاش نیزاعی ئەو جوولەكه لەگەڵ كابرای منافقــدا هەتــا (ویسلموا تسلیما) ٠ وه لــه عەبدوڵڵای كــوڕی زوبەیرەوه ریوایەت كراوه : كه زوبەیری كوڕی عەوام نیزاعــی بــوو لەگەڵ پیاوێ له ئەنصار لەسەر ئاوی شیوێ كه هەردوویــان ئاوی باغیان پێ ئەداو باغیزوبەیر لــه ژوورەوه بــوو ٠ ئەنصارییەكه ئەیوت به زوبەیر : ئاوەكه بەرەڵڵا بكه با بێت بۆ باخەكەی من ئەویش نەیكردو نیزاعەكەیان هێنا بۆ خزمەتــی حەزرەت (د) جا حەزرەت فەرمووی : ئەی زوبەیــر ئــاوی باغەكەی خۆت بدێره ، پاش ئەوه ئاوەكه بــەرەڵڵا بكــه بــۆ دراوسێكەتو ئەنصارییەكه لەم حوكمه رقی داهات ، وتی : یــا رەسوولەڵڵا ئایا هەر لەبەر ئەوه ئەم حوكمه ئەدەیت كه زوبەیر پوورزاته ؟! حەزرەت له وەزعی خۆی گۆڕاو فەرمووی : ئەی زوبەیر ئاوی باخەكەت بدەو له پاشان ئاوەكه حەپس كه هەتاكه ئەگەڕێتەوه بــۆ دیواری باخەكه ٠ جــا پاش ئــەوه ئــاوی دراوسێكەیشت بەرەڵڵا بكه ، وه بەم جوابه دووهەمه تــەواو

ریعایەتی حاڵی زوبەیری کرد لە جاری ئەووەڵ باشتر • لەبەر ئەوە باخێ لە ژوورەوە بێ حەقی تەواوی ئەوەیە ئاو بدرێ هەتا ئاوەکە پەنگ ئەخواتەوەو بە قەی ئەندازەی قولاپەی ئینسانێ بەرز ئەبێتەوە • جا حەزرەت جاری یەکەم چونکی زانا بوو بەوە کە زوبەیر چاوپۆشی ئەکاو موساعەدەی دراوسێکەی ئەکا هەر ئەوەندەی فەرموو کە ئاوی باخەکەی بدا ئیتر نەیفەرموو حەقت ئەوەیە ئاوەکە پەنگ‌بخواتەوە لەگەڵ ئەم موساعەدەدا کابرای ئەنصار رازی نەبووو قسەی زبری کرد • جا بۆ جاری دووەم حەزرەت فەرمووی : با باخی زوبەیر حەقی شەرعی‌ی خۆی بە تەواوی وەربگرێو ئاوەکە پەنگ‌بخواتەوە تا ئەگەڕێتەوە بۆ دیواری باخەکەی ئەوسا بەری‌بدا بۆ باخی دراوسێکەی • یانی کابرا کە بە زیادە رازی نەبێ چاری ئەوەیە بۆی بێتە سەر حەقە شەرعیەکەی خۆی با لە حەق تێ‌بگاو عەقڵ بگرێ • جا زەید فەرموویەتی : وا ئەزانم ئەم ئایەتە لە من وە لەو ئەنصارییەدا هاتەخوارێ • وە ئیمامانی حەدیث هەر شەشیان ئەم ریوایەتەیان کردووە •

فەرموودەی خودا : (ولو انا کتبنا علیهم ••• الایة) :

ئیبن‌و جەریر ریوایەتی کردووە لە سدی ئەڵێ : لە کاتێکا ئایەتی (ولو انا کتبنا علیهم) نازڵ بوو ثابت ناو کوڕی قەیس کوڕی شەماس‌و جوولەکەیێ ئیفتیخاریان کردو جوولەکەکە

وتی: وەڵڵاهی خودا نووسیویە لەسەر ئێمە کە خۆتان بکوژن‌و ئێمە خۆمان کوشت ! جا ثابیتیش لە موقابیلی جوولەکەوە وتی : وەڵڵاهی ئەگەر خودا لەسەر ئێمەی بنووسیایە کە خۆتان بکوژن خۆمان ئەکوشت • جا ئەم ئایەتە نازڵ‌بووو فەرمووی :

﴿ وَلَوْ اَنَّا كَتَبْنا عَلَيْهِمْ اَنِ اقْتُلُوا اَنْفُسَكُمْ ﴾:

ئەگەر ئێمە فەرزمان بکردایە بەسەر ئەم کەسانەدا کە وان لە دەوری تۆداو داوای ئیسلامیەت ئەکەن کە:خۆتان بکوژن لە مەیدانی جەنگدا لە جیهادا ، یا خود وەکو بەنی‌ئیسرائیلیەکان کە لە پاش رووداوی (گوێرەکەپەرستی‌یەکەیان) ئەمریان پێ‌کرا خۆیان **بکوژن** •

﴿اَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيارِكُمْ ﴾ :

یاخود ئەمرمان پێ‌بکردایەن لە وڵاتی خۆتان دەرچن وەکو ئەمرمان کرد بە بەنی‌ئیسرائیلیەکان لەو کاتەدا داوای تەوبەیان لێ‌کرا لە رووداوی گوێرەکەکەدا •

﴿ ما فَعَلُوهُ اِلاَّ قَلِيلٌ مِنْهُمْ ﴾ :

ئەمرەکەیان بەجێ‌نەدەهێنا ئیللا کەمێکیان نەبێ کە موسوڵمانە موخلیسە فیداییەکانن •

﴿ وَلَوْ اَنَّهُمْ فَعَلُوا ما يُوعَظُونَ بِهِ لَكانَ خَيْراً لَهُمْ وَاَشَدَّ تَثْبِيتاً ﴾ : (٦٦)

وە ئەگەر ئەوانە بەجێیان بهێنایێ هەر کارێ کە وەعزیان کراوەو ئیرشادیان پێ‌کراوەو ئیرشادو وەعزیان پێ‌ئەکرێ ، واتە

لەمەوپێش یا لەمەوپاش ئەوە زۆر باشتر ئەبوو لە وەقفەو تەرەددود لە ئیقدام لەسەر ئەو کارانەداو بە هێزتر ئەبوو بۆ دامەزراندنی ئیمانیان •

ئەم ئایەتە ئەگەر هەر لە شانی ثابیتی کوڕی قەیسو جوولەکەکەدا نازڵ بووبێ وەکوو وتمان ئەوە مەعنای وایە لە هەموو ئوممەتێ سالحو ئەسڵەح هەیەو خالسو ئەخلەس هەیەو هەموو کارێو هەموو بارێ لە شانی هەموو کەسێکدا نیەو خودا دائیما میهرەبانەو موناقەشە ناکا لەگەڵ موسوڵمانا ، وە ئەگەر موناقەشەی ناتەواوی کارو کردەوەو زەعیفی ئیمان بکرایە کەم کەس رزگار ئەبوو • هەروا دەرئەکەوێ کە ئیمان زیادو کەم ئەکاو هێزی کردەوە بە قەی هێزی ئیمانە بۆیە فەرق هەیە لە بەینی موسوڵمانانا لە کردەوەدا ، وە ئەگەر هەر بە عومومی واریدبووبێ ئەوەیش هەم مەعناکەی دیارەو وێنەی تەقریری پێشووە بەس جانیبی موقابیلی تێدا نیە کە بە تەواوی کافر بێ وەکو پێشوو •

﴿ وإذاً لآتَيْناهُمْ مِنْ لَدُنّا أجْراً عَظِيماً ﴾ : (٦٧)

وە لەم کاتەدا کە فەرمانبەردارییان بکردایە لە لای خۆمانەوە بە میهرەبانی خۆم ئەجرێکی گەورەم پێ ئەدان •

﴿ ولَهَدَيْناهُمْ صِراطاً مُسْتَقِيماً ﴾ : (٦٨)

وە هیدایەتم ئەدانو دامئەمەزراندن لەسەر رێگەی راست کە دینی ئیسلامە بە راستیو ساغی •

فەرموودەی خودا (ومن يطع الله والرسول ··· الاية)

ریوایەتکراوە لە عائیشەوە (خ) فەرموویەتی : پیـــاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیکرد : یا رەسوولەڵلا بـــە راستی تۆ لە لای من خۆشەویستری لە نەفسی خـــۆمو تـــۆ خۆشەویستتری لە ئەهلو ئەولادمو من جارجار لە ماڵی خۆمـــا ئەبم کە بیری تۆ ئەکەمەوە ئارامو سەبرم لێ ئەبڕێ هەتا دێـم بۆ لاتو ئەڕوانم بۆت ، وە کاتێ بیرئەکەمەوە لە مردنی خـــۆمو مردنی تۆ ئەزانم تۆ وای لە بەهەشتاو جێگەو ماوات وا لەگەڵ ماوای پێغەمەرەکاناو من ـ ئەگەر خودا بەهەشتـم پێ بـــدا ـ جێگەی من دوورە لە جێگەی تۆو چاوم پێت ناکەوێ ، وە حەزرەت جوابی نەدایەوە هەتا جوبرەئیل نازڵبوو بەو ئایەتەوە ·

﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ والرَّسُولَ فَأُولئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ والصِّدِّيقِينَ والشُّهَداءِ والصَّالِحِينَ ﴾ :

واتە هەرکەس فەرمانی خودا بەجێبێنێو موعامەلە بکا بە ئەمرو نەهی ئەو وە مرد ئەوە لە بەهەشتا وا لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خودا نیعمەتی پێداون لە پێغەمەرانو لەو کەسانـــە کـــە ئەوەندە دڵیان پاکە لە تۆزی عەلاقەی خـــراپ ، بە تـــەواوی باوەڕیان کردووە بە پێغەمەرەکانو لەگەڵ کوژراوانی مەیدانی حەربا ، وە لەگەڵ ئەوانە کە بۆ خودا سوڵحاونو بەقەی ئیمکان لە خەت لایان نەداوە ·

﴿ وحَسُنَ أولَئِك رَفِيقاً ﴾ : (٦٩)

وه زۆر جوانن ئەم نەوعە رەفیقـــە لـــە خوصووصـی رەفاقەتەوە ٠

وه لە بوخاری شەریفدا ریوایەتنەکا لە عائیشـەوە (خ) ئەڵێت : بیستم پێغەمەر (د) ئەیفەرموو : (ما من نبي يمرض الا خير بين الدنيا والاخرة) ٠ وه لەو نەخۆشینەدا کـە وەفاتی کرد وەزعی وای بەسەرا هات کە دەنگی قورس‌و زبر بوو گوێم لێ‌بوو ئەیفەرموو : (مع الذين انعم الله عليهم من النبيـــين والصديقين والشهداء والصالحين) کە ئەمەی خوێندەوە من زانیم بەوە کە موختار کراوە لە بەینی ژیان‌و مردندا ٠

﴿ ذَلِكَ الفَضْلُ مِنَ اللهِ وكَفَى بِاللهِ عَلِيماً ﴾ : (٧٠)

واتە : ئەو ئەجرەو ئەو زیادە هیدایەتە هەر لە لایەنـــی خوداوەیەو بەسە خودا لە جیهەتی عیلم‌و زانستەوە بەوە کە فلان کەس چەندێ کردەوەی هەیەو چەندێ جەزای هەیە ٠

﴿ يا أيُّها الَّذِينَ آمَنُوا خُذُوا حِذْرَكُمْ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بـە دینـی ئیســـلام ئیستیعدادو ئامادەیی خۆتـان وەربگرن لە بەرابەری ئـــەو دوژمنانەدا کە وان لە مەلاسدا بۆتان‌و بۆ هـــەل ئەگەرێـن ٠ ئادەمیزادی هۆشیار نابێ هۆی بەختیاری خۆی‌فەرامۆش بکاو لە پەلاماری دوژمن ئەمین بێ ٠

﴿ فَانْفِرُوا ثُباتٍ أوِ انْفِرُوا جَمِيعاً ﴾ : (٧١)

دەیدەرچن بۆ جیهادو جەنگ لەگەڵ کافرەکانا کۆمەڵ کۆمەڵو تیپ تیپ یاخود دەربچن هەمووتان بـــە جارێ لەسەر ئەمری فەرماندار • واتە ئەگەر فەرمانی دا بەوە کە تیپێ دەربچـــێ با تیپێ دەربچێ وە ئەگەر فەرمانی دا هەموو کەسێ دەربچـــێ لەبەر ئەوە کە دوژمن زۆر بوون وە یا هاتبوون بۆ ناو وڵاتـــی ئیسلام ئێوەیش هەمووتان دەربچن •

﴿ وإنَّ مِنْكُمْ لَمَنْ لَيُبَطِّئَنَّ ﴾ :

وە بە راستی لە ئێوەیە کەسانێ کە تەمەڵی ئەکـــەن لـــە دەرچوون بۆ جیهاد وەکو منافقەکان وە نارۆن بۆ جەنگ •

﴿ فَإنْ أصابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قال : قَدْ أنْعَمَ اللهُ عَلَيَّ إذْ لَمْ أكُنْ مَعَهُمْ شَهِيداً ﴾ : (٧٢)

جا ئەگەر مەینەتیو وەیشومەیەکتان تووش ببێو لێتـــان شەهید بکرێ ئەڵێ : ماشەڵڵا خودا نیعمەتی رژاند بەسەرمـــا لەبەر ئەوە حازر نەبووم لەگەڵیانا ئەنا تووش ئەبووم •

﴿ ولَئِنْ أصابَكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللهِ لَيَقُولَنَّ كَأنْ لَمْ تَكُنْ بَيْنَكُمْ وبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ ! يا لَيْتَنِي كُنْـــتُ مَعَهُمْ فَأفُوزَ فَوْزاً عظيماً ﴾ : (٧٣)

وە بە راستی ئەگەر فەزڵو کەرەمێکتان پێ بگا لـــە لای خوداوە واتە غەنیمەتێ وەربگرنو دەسکەوتێکتان بۆ هەڵکەوێ ئەوە لەم کاتەدا بە شێوەی پیاوێکی بێگانە بـــە داخەوە هەناسە هەڵئەکێشنو ئەڵێن : کاشکی لەگەڵیانا بوومایێ هەتا منیـــش بگەییشتمایێ بە بەشێکی گەورەو ئەو قسە وا لـــە دەمیـــان

دەرئەچێ (کأنه) لە بەینی ئەوان و ئێوەدا مەحەبەت نەبووەو یەکتان نەناسیوەو بێ عەلاقەن لەیەك .

﴿ فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ ﴾ :

با جیهاد بکەن لە ڕێگەی خودادا ئەو کەسانە کە ژیانی دنیای خۆیان ئەفرۆشن بە ژیانی نەبڕاوەی قیامەت .

﴿ وَمَنْ يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً ﴾ : (٧٤)

وە هەرکەسێ جەنگ بکا لەگەڵ کافرانا لەبەر بەرزەوەکردنی دینی خوداو لەو شەڕەدا بکوژرێ لە لایەنی کافرەکانەوە ، یاخود ئەم غاڵب ببێو زاڵ بێ بەسەر ئەوانا بەکوشتنیان یا بە برینداركردنیان یا بەوە کە چەكو سیلاحی ئەوان وەربگرێ ... ئەوە لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەجری گەورەی پێ ئەدەین .

﴿ وَمَا لَكُمْ لا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ ؟ ﴾ :

ئەوە چیتان دەس ئەکەوێ لە حاڵێکدا جەنگ نەکەن لە ڕێگەی خوداداو لە ڕێگەی ڕزگارکردنی زەعیفان و زەعیفکراوان لە پیاوو ژن و مندالانی گیرخواردووی شاری مەکە کە بە هەموو جۆرێ لە بەر دەستیانا کەوتوون و مەنعی دین و ژین و ئاساییش ئەکەن لێیان ؟

﴿ الَّذِينَ يَقُولُونَ : رَبَّنا أَخْرِجْنا مِنْ هذِهِ القَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُها ! ﴾ :

ئەو پیاوانو ژنانە کە ئەپاڕێنەوە لە خوداو ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە دەرمان بکە لەم دێیەو لەم کۆمەڵگایە کە خۆی خۆشو سالە بەڵام دەسڕۆییشتووەکانی ستەمگارو زاڵمن !

﴿ واجْعَلْ لَنا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيّاً واجْعَلْ لَنا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيراً ﴾ : (٧٥)

وە بۆمان ساز بکە لە لایەنی خۆتەوە سەرکارێکی وا کە ئیشو کارمان رێك بخا • وە بۆمان رێك بخە لە لایەنی خۆتەوە یارمەتیدەرێ کە دەرمان بکا لە ستەمو زۆری ئەو زۆردارانە •

﴿ الَّذِينَ آمَنُوا يُقاتِلُونَ في سَبِيلِ اللهِ ﴾ :

ئەوەیش بزانن فەرق زۆرە لە بەینی ئەم دوو سوپادا کە جەنگ ئەکەن لەگەڵ یەکداو خۆیان ئەدەن بەکوشت : فەرقەکە ئەمەیە : ئەوانە کە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلام جەنگ ئەکەن لە رێگەی دینی خوداو بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەقدا ، وە ئەمانە پایەی سەربەرزی جیهانو سەرفەرازیو رزگاری پاشەڕۆژیان دەست ئەکەوێ •

﴿ والَّذِينَ كَفَرُوا يُقاتِلُونَ في سَبِيلِ الطَّاغُوتِ ﴾

وە ئەو کەسانە کە کافرنو ئیمانیان نیە شەڕ ئەکەن لە رێگەی شەیتاناو لەبەر هەوای هەواپەرستانا کە لەبەر توغیانو لادان لە رێگەی راست گومڕا بوون •

﴿ فَقاتِلُوا أَوْلِياءَ الشَّيْطانِ ﴾ :

جا ئەمانە دۆستانی شەیتانن • وە شەڕ بکەن لەگەڵ دۆستانی شەیتانا •

﴿ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفاً ﴾ : (٧٦)

بە راستی فڕوفێڵی شەیتان بێ‌هێزەو فڕوفێڵی پەیڕەوەکانی لە فێڵی ئەو زایفترە •

فەرموودەی خودا (الم تر الى الذين قيل لهم ••• الاية) :

نەسائی‌و حاکم ریوایەتیان‌کردووە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف‌و گەلێ لە رەفیقەکانی کاتێ لە مەکەی موکەڕەمەدا بوون لە ئەوەڵی ئیسلامەوە گەلێ لە بەردەستی موشریکەکانا کز بووبوون ، جا رۆییشتن بۆ خزمەتی حەزرەت (د) عەرزیان‌کرد : ئێمە لەو چەرخەدا کە کافر بووین زۆر خاوەن پایەو مایەو دەستەڵات بووین‌و لە پاش ئیسلام‌بوون کزو داماو کەوتین ئیزنمان بدە با جیهاد بکەین لەگەڵ کافرەکانا • حەزرەت (د) فەرمووی : من ئەمرم پێ‌کراوە بە عەفو وە ئەمرم پێ نەدراوە شەڕ بکەم، سەبر بکەن • جا لە پاش ئەوە کە کۆچیان کرد بۆ مەدینەی مونەوەرەو مەجالی جیهادکردن‌و جەنگ کرایەوە ئەوانە خۆیان گرتەوە لە جەنگ‌و جیهادو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمر کرا بە جەنگ خۆیان ئامادە نەدەکرد • جا خودا فەرمووی :

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ : كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ ﴾

ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەی کە لە شاری مەکەدا وترا

پێیان لە لایەنی حەزرەتەوە : ئیستە دەست بگێڕنەوە لە جیهاد ٠

﴿ وأَقِيمُوا الصَّلاةَ وآتُوا الزَّكاةَ ﴾ :

وە ئیستە بەس نوێژ بکەنو زەکات بدەن ٠

﴿ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ القِتالُ إِذا فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ﴾ :

کەچی کاتێ جەنگو جیهاد فەرز کرا لە سەریان کوتوپڕ حاڵیان وای لێهات کۆمەڵێ لەوان ئەترسان لە موقابەلەی دوژمنەکان لە جەنگا وەکو لەخودا بترسن یاخود بە ترسانی زیاتر لەوە ؛ چونکە فیعلەن لە مەیدانی جیهادا لێیان ئەکوژرا ٠

﴿ وقَالُوا : رَبَّنا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنا القِتالَ ؟ لَوْلا أَخَّرْتَنا إِلى أَجَلٍ قَرِيبٍ ! ﴾ :

ئەیانوت : پەروەردگار بۆچی لەم کاتەدا جەنگکردنت فەرزکردووە لەسەرمان ؟ ئەوە بۆچی دوات نەخست بۆ ماوەیەکی نزیك !

﴿ قُلْ : مَتاعُ الدُّنْيا قَلِيلٌ ، والآخِرَةُ خَيْرٌ لِمَنْ اتَّقَى ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ : خۆشی وەرگرتن لە رابواردنی دنیا زۆر کەمە ، بەڵام خۆشی وەرگرتن لە قیامەتا زۆر بەسوودترو خۆشترو پایەدارترەو ئەمانەیش بۆ ئەو کەسە ئەبن کە لە خودا بترسێ ٠

﴿ ولا تُظْلَمُونَ فَتِيلاً ﴾ : (٧٧)

وە ئێوە ستەمتان لێناکرێو حەقتان نافەوتێ بە قەی

دشتەیێ وێ لە ناو قڵیشی ناوکە خورمادا •

﴿ أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكْكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ ﴾ :

وا دیارە لەبەر ئەوە حەز بە جەنگ ناکەن بۆ رزگار بوون لە مردن بەڵام ئەم گومانە بێ بایەخە ؛ چونکی مردن بە ئاکامەو ئاکام لە لای خودادا دیاری کراوە ، کەوابێ لە هەر شوێنێکدا بن لە کاتی خۆیا مردنتان پێ ئەگا هەرچەن لە بورجی دەربەستەی بەرزا بن •

﴿ وَإِنْ تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا : هَذِهِ مِنْ عِنْدِ اللهِ ، وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا : هَذِهِ مِنْ عِنْدِكَ ! ﴾ :

وە ئەم کۆمەڵە منافقانە کە وان لە ناو موسوڵمانەکانا زاڵ ئەبن بەسەر فیکری بازێ موسوڵمانی بێهێزا کاتێ بەشو بارەیەکی باشیان پێبگا لە : دارایی ، لە تەندروستی ، لە منداڵی نێرینە ، لە خۆشگوزەرانی ••• ئەڵێن : ئەمە لە لایەنی خوداوە هاتووە ، وە ئەگەر جارێ رووداوێکی ناباریان پێبگا وەکو ناساغیو نەدارایيو تەنگگوزەرانی ••• ئەڵێن : ئەمە لەبەر تۆیە ئەی پێغەمبەر ! واتە بە هۆی هاتنی محەمەددوە بۆ مەدینە ئەم شارە گۆڕراوەو بەشو بارەی ئەوساکەی نەماوەو ئادەمیزادی بەیەکا شڵەژاوە •

﴿ قُلْ : كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ پێیان بفەرموو : هەمـــوو ئەمانە لە خۆشیو ناخۆشیو لە تەنگیو لە گوشادی ... هەمووی هەر لە لایەنی خوداوەیە ؛ چونکی هەر خودایە هەر شتێ ئارەزووی ببێ دروستی ئەکاو کەس رایەی ناکەوێ هیچ دروست بـکـا . ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە لە رۆژێکـــەوە خـــودا ئادەمیزادی ناردووەتە سەر زەوی خودا پێغەمەرانی نـاردووە بۆ تەمێو تەربیەی باقی ئادەمیزادو ئەم یاسا پیرۆزیو هـــۆی بەختیارییە بۆ ئادەمیزاد نەك هۆی ئازارو کـەم ژیوارییـــــە بۆیان .

﴿ فَمَا لِهؤُلاءِ القَـــوْمِ لا يَكَـــادُونَ يَفْقَهُـــونَ حَدِيثاً ؟ ﴾ : (٧٨)

ئەوە چ دەردێ رووی داوە بۆ ئەو کۆمەڵە کەوا نزیك نیـە تێ بگەن لە گوفتارێکی خاوەنمەغزو بەراوردی بکەن لە ئینسانو باقی گیانلەبەرەکان هەتا حاڵی ببن کە کەس شتی پێناکـرێ خودا نەبێ ؟

﴿ مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ ﴾ :

ئەگەر ئەتەوێ لە حەقیقەت حاڵی ببی ئەی پێغەمەری مـن بزانە ئەوەی کە بە تۆ ئەگا لە نیعمەتو کەرەمو بەخشیـــــش هەمووی هەر لە فەزڵی خوداوەیەو بە قەتعی لـــە موقابیلـــی کردەوەی چاکەی تۆوە نیە ؛ چونکی هەرچی تۆ ئەیکەی ناگا بـە میزانی نیعمەتی وجوودو عەقڵو صیحەت کە پێتدراوە .

﴿ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ ﴾ :

وه ئەوەیش کە پێت بگا لە بەلاو ئازاری دڵو کاری نابار هەمووی لە نەفسی خۆتەوەیە ؛ چونکی نەفسی ئینسان سەبەبە لە بۆ گیرۆدەبوونی ئینسان بە گوناهباریو گوناهیش سەبەبە لەبۆ ئەوە کە خودا بەلاو دەردو مەینەت نازڵ بکا ٠

جا لەسەر ئەم تەفسیرە کە (حسنه) بە مانا غەنیمەو نیعمەت بێ وە (سیئه) بە مانا بەلاو مەینەت بێو نیسبەت بدرێ لە موخاتەبەکە ئەبێ تەئویل بکرێ بە یەکێ لە دوو تەئویل ؛ یەکەم ئەمە : کە ئەم خیتابە سوورەتەکەی لەگەڵ حەزرەتایە (د) و حەقیقەتەکەی روو ئەکاتە ئوممەتو مانای وایە (فمن نفس امتك) وەکو ئایەتی (یا ایها النبي اذا طلقتم النساء) یانی (اذا طلق امتك النساء) ٠

دووەم : ئەمەیە کە بە یاسای مەشهوور کە فەرموویانە : (حسنات الابرار سیئات المقربین) هەرچەن پێغەمەران مەعسوومو بێ تاوانن بەلام قابیلە بازێ کاری وا بکەن کە نیسبەت بە مەقامو شانی ئەوان وەکو تاوان وابێو ببێ بە ئەساس بۆ واریدبوونی بازێ بەلاو مەینەت (من جوملە) ئەلێن : لە واقیعەی (احد) ا ئەگەر حەزرەت (د) موبالاتی نەکردایە بە بیرو تەدبیری جوانەکانو لەسەر تەدبیرەکەی خۆیو بازێ لە گەورەکان بمایێ تووشی ئەو کوشتارو ئازارە نەدەبوون (مع انه) ئەو رووداوەیش

پڕ بوو لە حیکمەت بۆ پاشەڕۆژیان • وە لەسەر تەقدیری ئـەوە کە (حسنه) بە مانا تاعەت بێو (سیئه) بە مانـا گـونـاهـو مەعسیەت بێ ئەوە هیچ ئیشکالێ لە ئایەتەکەدا نابێ ؛ چونکـی مەعناکەی ئەمەیە هەر تاعەتێ تۆ بیکەی لە لایەنی خوداوەیـەو بە تەوفیقی ئەوە وە هەر تاوانێ بکەی ئەوە لە نەفسی خۆتەوەیە بەڵام کەلامەکە بە قاعیدەی نەحویی کە (موصـول) وا لـــە تەقدیری (شرط) ا ئەبێ بە کەلامێکی تەعلیقیی . واتە ئەگەر ئەو تاوانە بکەی ئەوە لە نەفسی خۆتی بزانە ، بـــەڵام ئـــەو تاوانەکەی نەکردووەو نایکا •

بێداربنەوە ! کە مونافات نیە لە بەینی ئەم ئایەتەو ئابەتی پێشوودا خودا فەرمووی : (قـل كـل من عند الله) ، چونکی ئایەتی پێشوو لەسەر ئیعتیباری خەلقو ئیجادە ، وە دیارە هەموو چاکەو خراپەیێ خودا دروستی ئەکا ، وە ئەم ئایەتە لەســـەر ئیعتیباری عەلاقەو بوون بە سەبەبە دیارە ئینسان هەر گوناهێ بکا سەبەبەکەی وا لە خۆیاو ئارەزووی نەفســی خۆی ئەبێ بـــە ئەساسی ئەوە •

﴿ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولاً ﴾ :

وە ئێمە تۆمان ڕەوانەکردووە بە پەیغامبەر بۆ لای هەموو کەسێ بەڕاستی •

﴿ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً ﴾ : (٧٩)

وە بەسە خودای تەعالا بۆ شاهیدی لەسەر ئەم مەبەســـتە کە ریسالەتی تۆیە بۆ سەر هەموو ئینسان •

﴿ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللهَ ﴾ :

هەرکەسێ ئیتاعەی پێغەمەر ئەکا (د) ئەوە بە راستی ئیتاعەی خودای کردووە ؛ چونکی ئەمری ئەو ئەمری خودایەو نەهی ئەو نەهی خودایە ·

﴿ ومَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً ﴾: (٨٠)

وە هەرکەسێ پشت هەڵبکاو ئیتاعەی پێغەمەر نەکا تۆ حەقت نەبێ بەسەریەوە تۆ هەر حەقی تەبلیغت هەیە ئیتر تۆمان نەناردووە بە نیگاهبان لەسەریان ·

﴿ ويَقُولُونَ : طَاعَةٌ ﴾ :

منافقەکان لە حوزووری تۆدا لە کاتی دەرکردنی فەرمان لەسەر جیهاد ئەڵێن : واجبی ئێمە هەر ئیتاعەو ملکەچییەو چی ئەفەرمووی ئامادەین بۆ بەجێهێنانی ·

﴿ فَإِذَا بَرَزُوا مِنْ عِنْدِكَ بَيَّتَ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ ﴾ :

وە لە کاتێکدا دەرئەچن لە لای تۆ تاقمێ لەوان قسەیەك رێك ئەخا غەیری ئەوە کە تۆ فەرمووت · واتە وا نیشان ئەدا بە هاوڕێکانی کە ئەو روایژە تۆ لەسەری دامەزرای باش نیەو لە بیری وادا ئیتاعەی ناکەین ·

﴿ واللهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ﴾ :

وە خودای تەعالا لە دەفتەری ئەعمالیانا ئەنووسێ ئەوەی

که له ناوی خۆیانا رێکی ئەخەن بۆ ئەوە که له رۆژی قیامەتـــا موحاسەبەیان بکا لەسەری ٠

﴿ فَاعْرِضْ عَنْهُمْ وتَوَكَّلْ عَلى اللهِ ﴾ :

دی تۆ لاده لێیان‌و ئیعرازیان لێ بنێ‌و ناویان مەبـــــەو بەرەورِوویان مەخەرەوەو له کاروباری خۆتا پاڵ بده به یارمەتی خوداوه ٠

﴿ وكَفَى بِاللهِ وكِيلاً ﴾ : (٨١)

وه بەسه بۆ تۆ خودای تەعالا له خوسووسی پاڵپێوەدانەوه ٠

﴿ أفَلا يَتَدَبَّرون القرآن ؟ ﴾ :

ئایا ئەم کۆمەڵه منافقانه تەفەککور ناکەنەوه له قورئانا ؟ که ئەم قورئانه کەلامی خودایەو ئەخبارەکانی هەموو راســتن‌و سیاق‌و ئوسلووبی له کەلامی ئادەمی ناچێ‌و له پایەی بەلاغەتـا له تاقەتی خەڵکدا نەماوەو مادام ئەمه کەلامی خودایه ئەبێ ئەو کەسەیش ئەم کەلامەی بۆ هاتووه پێغەمەری خودا بێ ، وه واجبه ئینسانی هۆشیار ئیمانی پێ‌بێنێ‌و باوەڕی پێ‌بکاو ساغ ببێتەوه لەگەڵیا ئیتر لەوه زیاتر منافقی‌و دوورِوویی نەکا ؟

﴿ ولَوْ كان مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللهِ لَوَجَدُوا فِيـــهِ اخْتِلافاً كَثِيراً ﴾ : (٨٢)

وه پێویسته تۆزێ تەماشای ئەوەیان بکردایه که ئەگـــەر ئەو کەلامه لەلای غەیری خوداوه بوایێ‌و له کەلامی فریشتەیێ

یاپەریێ یا نادەمیزادێ بوایێ جیاوازیو گۆڕانی زۆریـــان تێدا دەس ئەکەوت ؛ چونکی غەیری خودا کەس غەیب ئازانێو بەم بۆنەوە لە ئەخبارەکانیا درۆ پەیدا ئەبوو . وە غەیری خودا کەس ناتوانێ تەتبیقی بەلاغە بکات ، کەوابو بازێکی بەلیــغو بازێکی غەیرە بەلیغ ئەبوو • ئیستە کە ئەم قورئانە وا نیە ئەوە مەعنای وایە کەلامی خودایەو پێویستە باوەڕ بـــە خــۆیو خاوەنەکەی بکرێ •

فەرموودەی خودا (واذا جاءهم امر من الامن او الخــوف ••• الاية)

موسلیم ریوایەتی کردووە لە عومەری کوڕی خەتابەوە (خ) ئەڵێ : کاتێ کە حەزرەت (د) کەناری گرت لە ژنەکانی لەبــەر دڵئازاریەك کە هات بەسەریا •• رۆییشتمە مزگەوتەوە کــە تەماشام کرد حاڵی بووم کە بازێ کەس بەردە وردەیـان بــە دەستەوەیەو ژمارەی ئەکەنو ئەڵێن : حــەزرەت ژنەکانـــی تەڵاقداوە ، منیش ئارامم نەگرتو زوو رۆیشتم دام لە دەرگاو ئیجازەم وەرگرت بۆ چوونەماڵو ئیزنم بــۆ هاتو رۆییشتمو عەرزم کرد : ئایا ژنەکانت تەڵاق داوە ؟ فەرمووی : نەخەیر • منیش وتم (الله اكبر) و راوەستام لە دەرگای مزگەوتاو بــە دەنگی بەرز بانگم کرد : حەزرەت ژنەکانی تەڵاق نەداوە جـــا ئەم ئایەتە نازڵ بوو وە درەکەوت من ئیستینباتی ئەو ئەمــرەم

کرد ئەگەر بڵێین حەزرەت ژنەکانی تەڵاق داوە بە هـــــۆی بڵاوەبوونی ئەو قسەوە دەنگۆو باسێ پەیدا ئەبێو قازانجی موسوڵمانان وا لەوەدا ئەو قسە کپ‌ببێتەوە جا خودا فەرمووی :

﴿ وإذا جاءَهُمْ أمْرٌ مِنَ الأمْنِ أوِ الخَوْفِ أذاعُوا بِهِ ﴾ :

کاتێ باسێکیان پێ‌بگا لەو باسانە کە هۆی ئەمن‌و ئاساییش یا بیم‌و ترس بێ گورج بڵاوی ئەکەنەوە بە ناو خەڵکاو نازانن ئەلێ کات ئەو بڵاوکردنەوە زیانی تێدایە بۆ موسوڵمانان ٠

﴿ وَلَوْ رَدُّوهُ إلى الرَّسُولِ وإلى أولي الأمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ﴾ :

وە ئەگەر ئەم خەبەرانەیان نەدایەو حەواڵەی بــیرو رای پێغەمەریان بکردایە ـ سەلامی خودای لێ‌بێ ـ و حەواڵەیـــان بکردایە بە بیروڕای پیاوە خاوەن کارەکانیان ئەوە بە راستی کە پێغەمەر (د) وە ئەو خاوەن ئەمرانە کە ئەهلی ئیستینبـــاطو ئیستیخراجی سوودو قازانجی موسوڵمانانن ئەیانزانی ئایا ئەو باسانە بکرێن یا نە ، وە کاتێ بڵاویان‌بکەنەوە بە چی شێوەیـێ بڵاویان بکەنەوە ٠

﴿ ولَوْلا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ ورَحْمَتُهُ لاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطانَ إلاّ قَليلاً ﴾ : (٨٣)

وە ئەگەر فەزڵ‌و کەرەم‌و میهرەبانی خوداتان لەســـەر نەبوایەو نەیپارازتنایێ لە بازێ کاری نابار ئەکەوتنــە دووی شەیتان مەگەر کەمێ لە ئێوە ٠

﴿ فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللهِ لا تُكَلَّفُ إِلاَّ نَفْسَكَ ﴾:
دەی جیهادو جەنگ بکە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دینـــی خوادا‌و داوای تێکۆشین ناکرێ لە تۆ ئیللا نەفسی خۆت •

﴿ وحَرِّضِ المُؤْمِنِينَ ﴾ :
وە تەرغیبو هانە هانەی موسوڵمانەکان بدە لە ســــەر جیهاد •

﴿ عَسَى اللهُ أَنْ يَكُفَّ بَأْسَ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ :
رجا هەیە کە خودای تەعالا مەنعی زیانی کافرەکانتان بـێ بکـــا •

﴿ واللهُ أَشَدُّ بَأْساً وأَشَدُّ تَنْكِيلاً ﴾ : (٨٤)
خودای تەعالا زۆر بەهێزترە لەوان لە هۆی زیانگەیاندن بە دوژمنو بە هێزترە لەوان لە هۆی عەزابدانی کەسێ کـــە خواستی لەسەر عەزابدانی هەبێ •

﴿ مَنْ يَشْفَعْ شَفَاعَةً حَسَنَةً يَكُنْ لَهُ نَصِيبٌ مِنْهَا ﴾ :

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە لەناو خۆتانا ئینسانێکی دڵسۆزو غەمخۆرو بارەو ڕێکخستنی یەکیەتیو کۆمەڵایەتی بنو فریای یەکتر بکەون بە داراییو بە دەم • هەرکەسێ تکایێ بکا بـــۆ کەسێك کە داماو بێ بەم مەرجە تکاکەی جوان بێو موخالیفی یاسای ئیسلام نەبێ ئەوە بەشێکـــی خێری گەورەی لـــەو تکاوە دەس ئەکەوێ •

﴿ ومَنْ يَشْفَعْ شَفاعَةً سَيِّئَةً ﴾ :

وه هەرکەسێ تکایەکی نابارو ناهەموار بکاو مەبەستـــی زیانگەیاندن بێ بە کەسێ کە موستەحەق نەبێ ئەوە •

﴿ يكُنْ لَهُ كِفْلٌ مِنْها ﴾ :

بەشێ لە بارەبەری ئەو تکا نابارە ئەکەوێتە سەری • واتە هەرکەسێ بە دەمو زمانو بە نامەو خامەو راسپێری ببێ بـــە هۆی زیاندان لە کەسێ کە موستەحەقی نەبێ بە شەرع ئـــەوە بەشێ لە تاوانی ئەو کارە نابارە ئەکەوێتە سەرشانی •

﴿ وكانَ اللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ مُقِيتاً ﴾ : (٨٥)

وە خودای تەعالا قادرەو تەوانایە لەسەر هەموو کارێ • جا ئاگاتان لە خۆتان بێ •

﴿ وإذا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْها أوْ رُدُّوها ﴾ :

هەرکاتێ سەلامتان لێکرا ئێوەیش وەڵامی ئەو سەلامـــە بدەنەوە بە جوانترو شیرینتر لەوە یاخود وەکو ئەو •

ریوایەتکراوە : پیاوێ هات بۆ لای حەزرەت ، وتـــی : (السلام عليكم) حەزرەتیش فەرمووی : (وعليك الســـلام ورحمة الله) • وە پیاوێ تر هات وتی : (السلام عليكم ورحمـة الله) حەزرەتیش فەرمووی : (وعليك الســـلام ورحمـة الله وبركاته) • وە پیاوێ تر هات وتی : (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته) وە حەزرەت فەرمووی : (وعليك) ، کابرا وتـــی :

جوابەکەی منت بە ناقیص دایەوە ! فەرمووی : تۆ هیــچ زیادەت بۆ من نەهێشتەوە ، بۆیە منیش ئیکتیفام کـــرد بـــە وێنـــەی سەلامەکەی تۆ •

﴿ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيباً ﴾ : (٨٦)

خودای تەعالا بە راستی حەسیبو نیگابانە لەسەر هەمـــوو شتێو حسابتان لەگەڵ ئەکا لەسەر جوابی سەلام لە کاتێکا تەرکی بکەن •

بزانن ! جومهووری ئیمامانی ئیسلام لەسەر ئەوەن کـــە ئیبتیدای سەلامکردن سوننەتە ، جـا بـــە سوننەتی عـەیـن بۆ تاقەکەسو بە سوننەتی کیفایە بۆ کۆمەڵو جوابەکەی فەرزە بە فەرزی عەین بۆ تاقەکەسو بە فەرزی کیفایە بۆ کۆمەڵ • واتە ئەگەر یەکێ لەو کۆمەڵە جوابی سەلامەکە بداتەوە بەسە • وە بە فەرموودەی حەزرەت (د) ثابت بووە کە سوننەتە ئینسانی ســوار سەلام بکا لە پیادەو راوەستاو لەسەر دانیشتوو وە کۆمەڵی کـــەم لەسەر کۆمەڵی زۆر لە کاتێکا بگەن بە یەك • بەڵام ئەگەر کەسێ هات بۆ لایان ئەوە **موطلّەقا** ئەو سەلام ئەکا • وە سەلام لەســـەر مردوانیش وەکو سەلامە لەسەر زینـــدووان • عائیشـــە (خ) ئەفەرموێت عەرزی حەزرەتم کرد : (كيف اقول اذا دخلت المقابر؟ قال : قولي : السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين) •

ئەگەر کەسێ بە نامە یا بە پەیاما سەلامی نارد بۆ کەســـێ واجبە بە دەم جوابی بداتەوە • ئەگەر دوو کەس بگەن بە یەكو هـــەردوو ســـەلام بکـــەن واجبـــە لەســـــەر هەردوویـــان

جوابی موقابیل بدەنەوە • وە سەلامی ژن لە ژن وەکو سەلامی پیاوە لە پیاو بەلاّم سەلامی پیاو لە ژنو ژن لە پیاو بەبێ مەحرەمییەت لە ناویانا جوابی واجب نیە ، بەلکو ئەگەر ژنەکە جوان بێ حەرامە سەلامو جوابەکەیشی • بەڵێ بۆ پیرەژنی دوور لە گومان قەی ناکا •

دروست نیە سەلام لە ئەهلی (ذمة) ، بەڵێ مەرحەبایی و بەخێرهاتنی دروستە ئەگەر ئەوان سەلامیان کرد جوابەکەیان (عليك) یا (عليكم) بە بێ واو ئەبێ • هەروا دروست نیە سەلام لە ئەهلی فیسقو ئینسانی خاوەن بیدعەت ئیللا لەبەر عوزرێ وە یا بیمی ئاشووبێ ئەو جارە دروستە بەلکو گەلێ جار واجبە •

وە سوننەتە لە کاتی جیابوونەوە لە رەفیقان سەلام بکا لێیان وەکو لە کاتی گەیشتنیا بەو رەفیقانە ، وە جوابی ئەم سەلامەیش واجبە • وە لە وەختی نوێژو دەسنوێژو قورئانخوێندناو قەزای حاجەتاو نانخواردنا نە سەلام سوننەتەو نە جوابەکەی واجبە •

﴿ اللهُ لا إِلَـهَ إِلا هُوَ ﴾ :

ئەو زاتەی کە ناوی خۆی ناوە بە (الله)و کردوویەتی بە ناوی جامیع بۆ هەموو کەمالێو مانیع لە هەموو نوقصانێ •• هیچ کەس نیە کەوا عیبادەتو بەندەگی بۆ بکرێ بە حەقانیەت ئەو نەبێ •

﴿ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ القِيامَةِ ﴾ :

جا ئەو زاتە کە ئەوەندە گەورەیە هـــەر ئـــەو شیاوی عیبادەتبۆکردنە سوێند ئەخوا ئەڵێ : بە بێ گومان هەمووتـان گردئەکاتەوە لە رۆژی قیامەتا · واتە زیندووتان ئەکاتـــەوەو هەمووتان گرد ئەکاتەوە لە یەك شوێنەوارا لەو رۆژەدا کـــە رۆژی بازرەسی کردەوەو بیرو باوەڕە ·

﴿ لا رَیْبَ فِیهِ ﴾ :

ئەوەندە ئەم مەبەستە راستە بۆ ئەوە ناشێ هیچ کەسـێ گومانی ببێ تیایا ·

﴿ ومَنْ أصْدَقُ مِنَ اللهِ حَدِیثاً ؟ ﴾ : (٨٧)

جا ئەوە کێیە کە راستتر بێ لە خودای تەعالا لە هـــۆی فەرموودەوە ؟

فەرموودەی خودا (فما لكم في المنافقين ···)

ئیمامان موسلیمو بوخاری ریوایەتیان کردووە لە زەیـــدی کوڕی ثابیت ئەڵێ : کە حـەزرەت (د) رۆییشت بـۆ (أحـــد) کۆمەڵێ لەوانە کە لە خزمەتیا رۆییشتن بۆ ئەوێ گەڕانەوە بۆ مەدینە ئەمانە کە گەڕانەوە ئەصحابەکانی حەزرەت بوون بە دوو بەشەوە ؛ بەشێکیان وتیان : ئەوانە گەڕانەوە ئەیانکوژیـــنو بەشێکیشیان وتیان : نایانکوژین · جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکردو فەرمووی :

﴿ فَمالَكُمْ في المُنافِقِينَ فِئَتَیْنِ ؟ ﴾ :

چیتان دەست نەکەوێ کە لە حاڵی ئەم منافقانا بوون بە دوو تاقم ؛ تاقمێکتان ئەڵێن : ئەوانە موسوڵمانن‌و نایانکوژیـــن‌و تاقمێکتان ئەڵێن : ئەوانە کافرن‌و ئەیانکوژین ؟ بۆچی هەموو بە جارێ بە ئیتتیفاق ناڵێن ئەوانە کافرن ؟

﴿ واللهُ اَرْكَسَهُمْ بِما كَسَبُوا ﴾ :

وەلحاڵ ئەو کۆمەڵە خودای تەعالا گەڕاندوونیەتەوە بـــۆ ئاگری دۆزەخ‌و بۆ عەزاب بە هۆی ئەو بیرو باوەڕە ناهەموارە کە پەیدایان کردووە بۆ خۆیان •

﴿ اَتُرِيدُونَ اَنْ تَهْدُوا مَنْ اَضَلَّ اللهُ ؟! ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئەوانە بە باش ئەزانن وە یا بە کافریـان نازانن ئایا ئەتانەوێ کە ئێوە بە وتار هیدایەتی کەسانێ بکەن کە خودای تەعالا گومڕای کردوون بە واسیطەی رۆچوونیان لــە فەسادی عەقیدەدا •

﴿ ومَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً ﴾ : (٨٨)

وە هەرکەسێ خودای تەعالا گومڕای بکا ئەوە بە قەطعی تۆ رێگەی هیدایەت‌و عینایەتت بۆ ئەو کەسانە دەست ناکەوێ • وە لە ریوایەتێکدا مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتە کەسانێ بوون کە لە دەشتەوە هاتن بو مەدینەی مونەوەرەو گومانیان وابوو کـــە موهاجیرن‌و ماوەیێ لەوێ بوون‌و پاش ماوەیەك وەزعی مەدینەیان لەلا باش نەبوو گەڕانەوە بۆ دەشت‌و لە دین وەرگەڕانەوە • وە

ئەم ریوایەتە زۆر نزیکە لە عەقڵەوە بەدەلیلی ئەوە کە خوداى تەعالا لە پاش ئەم ئایەتەوە ئەفەرموێت ·

﴿ وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴾ :

زۆریان پێخۆشە کە ئێوەیش کافر ببن وەکو خۆیان کافرن، یا ئێوەیش لە دین وەرگەڕێن وەکو خۆیان لە دین وەرگەڕانەوە جا هەمووتان وەکو یەکتان لێ بێ لە کوفرا ·

﴿ فَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ أَوْلِيَاءَ حَتَّى يُهَاجِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﴾ :

ئەوانە مەگرن بە دۆستی خۆتان هەتا بە راستی ئەگەڕێنەوە بۆ مەدینەو کۆچ ئەکەن بۆ لای ئێوە لە ڕێگەی خودادا ·

﴿ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ ﴾ :

جا ئەگەر ئەوانە پشتیان هەڵکرد لە ئیمانی راستەقینەو لە کوچکردن بۆ مەدینە ئەوە لە هەر شوێنێکدا بۆتان ڕێکەوت بیانگرنو بیانکوژن لە هەر شوێنێکدا دەسکەوتن ·

﴿ وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾ :(٨٩)

وە لەمانە دۆستو یارمەتیدەر بۆ خۆتان مەگرنو بە موسوڵمانیان مەزانن ·

﴿ إِلَّا الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ ﴾ :

ئیللا ئەوانەیان کە پەیوەندی دراوسێتی یا پەیمانیان هەیە بە قەومێکەوە کە هەیە لە بەینی ئێوەو ئەوانا میثاقو پەیمـــان وەکو هۆزی (خەزاعە) یا هۆزی (ئەسلەم) چونکـــی حەزرەت (د) پەیمانی کردبوو لە گەڵیانا لەسەر ئەوە کە یارمەتی حەزرەت نەدەنو یارمەتی کەسیش نەدەن لەسەر زیانی حـــەزرەت (د)و پەیماندار لەگەڵ ئەو کەسەدا کە پەیمانی لەگەڵدا کرابـــێ پێویستە ئەمین بێو دەستی بۆ نەبرێ ٠

﴿ أَوْ جَاؤُكُمْ حَصِرَتْ صُدُورُهُمْ أَنْ يُقَاتِلُوكُمْ أَوْ يُقَاتِلُوا قَوْمَهُمْ ﴾ :

وە ئیللا ئەو کەسانیش کە هاتن بۆ لاتانو حاڵیان وابـــوو دڵیان تەنگ بوو لەوە کە جەنگتان لە گەڵدا بکـــەن یا جەنگ لەگەڵ قەومەکەی خۆیشیانا بکەن هەرچەن دوژمنی ئێوەن جا ٠

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَاتَلُوكُمْ ﴾

وە ئەو قەومە قەومێکی بەهێزی وا بوون ئەگەر خودا مەیلی ببوایێ زاڵی ئەکردن بەسەرتاناو جەنگیان ئەکرد لەگەڵتانا ٠

﴿ فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَـــوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا ﴾ (٩٠)

جا ئەگەر ئەو قەومە کەناریان گرت لە ئێوەو جەنگیـــان نەکرد لەگەڵتاناو هەموو ملکەچی خۆیان نیشاندا بە ئێوە ، ئەوە لەم حاڵەدا ئیتر خودای تەعالا رێگەیەکی ناباری بڕیار نەداوە بۆ ئێوە هەتا بڕۆن بەسەریا بۆ زیاندان لەو قەومە ٠

موفتی ئەبو سعوودی عیمادیەیی (خ) لە تەفسیرەکەی خۆیا ئەفەرموێت : ئەم قەومە (بني مدلج) بوون هاتن بۆ مەدینە بۆ خزمەتی حەزرەت (د)و شەڕیان نەکرد لەگەڵیاو قەراریان دا کە وەکو جەنگ ناکەن لەگەڵ حەزرەتا جەنگیش ناکەن لەگەڵ قەومەکەی خۆیاناو حەزرەت (د) بەمە رازی بوو ٠

وە درێژەی ئەم باسە ئەمەیە کە ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە حەسەنی بەصرییەوە کە : سەراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی قسەی بۆ گێراونەتەوە ئەڵێ : کاتێ حەزرەت (د) زاڵ بوو بەسەر کافرەکانا لە رووداوی بەدراو رووداوی ئوحود رابوردو گەلێ عەرەب بە دەوری ئەودا موسوڵمان بوون خەبەرم پێ گەییشت کە حەزرەت ئەیەوێ خالیدی کوڕی وەلید رەوانە بکا بۆ سەر بەنی مەدلەج ، منیش کە ئەمەم بیست هاتم بۆ مەدینەی مونەوەرەو وتم بە حەزرەت : هاتووم داوای خێرت لێ ئەکەم ٠ ئەصحابەکان وتیان پێم : بێدەنگ بە ٠ حەزرەت فەرمووی : وازی لێ بێنن ٠ جا فەرمووی بە خۆم : چیت ئەوێ ؟ عەرزم کرد : بیستوومە سوپا ئەنێری بۆ سەر قەومەکەمو من ئەمەوێ رێ بکەوی لەگەڵیاناو وازیان لێ بێنی ٠ جا ئەگەر قەومەکەی خۆت موسوڵمان بوون ئەمانیش موسوڵمان ئەبن ٠ ئەگەرنا بۆچی بەبێ سوود ئەم قەومی منە ببن بە دوژمنی قورەیش ٠ جا حەزرەت (د) دەستی خالیدی گرتو پێی فەرموو : لەگەڵیا بڕۆ چی ئەوێ بەجێی بێنە ٠ وە خالید رۆییشت رێکەوت لەگەڵیانا لەسەر ئەوە ئەوان یارمەتی

حەزرەت نەدەن‌و یارمەتـــــی کەسیش نەدەن لەســـەری بـــۆ زیان‌گەیاندن بە موسوڵمانان ، وە ئەگەر قورەیش موسوڵمـــان بوون ئەوانیش موسوڵمان ببن • جا ئەو ئایەتە داتەخوارەوە •

﴿ سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ أَنْ يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُوا قَوْمَهُمْ ﴾ :

یانی بەم نزیکانە کۆمەڵەیەکتان دەس‌ئەکەوێت ئەیانـەوێ ئەمین بن لە ئێوەو ئەمین بن لە قەومی خۆیشیان لە کافرەکان •

﴿ كُلَّمَا رُدُّوا إِلَى الْفِتْنَةِ أُرْكِسُوا فِيهَا ﴾ :

وە ئەمانە هەرکاتێك بانگ بکرێن بۆ فیتنە واتە بۆ جەنگ کردن لە گەڵ موسوڵمانانا ئەخرێنە ناو فیتنەکەوە• واتە زۆر بەدڵ ئەڕۆن بۆ جەنگ‌و لەوەی لە دەستیان بێ قوسوور ناکەن •

﴿ فَإِنْ لَمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ ﴾ :

جا ئەگەر ئەم کافرانە دوور نەکەوتنەوە لە ئازاردانـــی ئێوەو چەکیان فڕەنەداو ئەمن‌و ئاسایشیان نەویست بۆ ئێـــوەو مەنعی خۆیانیان نەکرد لە زیانگەیاندن بە ئێوە واتە بیلعەکس لەسەر دوژمنایەتی ئێوە مانەوە •

﴿ فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ ﴾ :

بیانگرن‌و بیانکوژن لەهەر شوێنێکدا زاڵ‌بوون بەسەریانا •

﴿ وَأُولَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً مُبِيناً ﴾ : (٩١)

ئەم کافرانە قەرارمان داوە بۆ ئێوە کە سەیطەرەتان ببێ لەسەریانو زاڵبن بەسەریاناو غەڵەبەیەکی ئاشکـرام بڕیارداوە بۆتان لەسەریان • بەکورتی ئیجازەم پێداون بە هەر جـۆری مومکین ببێ بیانفەوتێنن •

بزانن ! لە مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتەدا گەلێ قسە هەیە؛ قەتادە ئەڵێ : نازڵبووە لە شانی قەومێ لە (تهامـــە) داوای ئەمانیان کرد لە حەزرەت (د) بۆ ئەوە کـــە ئەمین بـــن لـــە موسوڵمانەکانو لە لای قەومەکەی خۆیشیان بە ئەمینی بمێننەوە• وە موجاهید ئەڵێ : نازڵبووە لە قەومێ لـە ئەهلـی مەکـــەی موکەڕڕەمە • وە (سدی) ئەڵێ : نازڵبووە لە نەعیمی کـــوڕی مەسعوودا کە ئەیویست ئەمین بێ لە موسوڵمانانو لـــە کافـرە موشریکەکانی دەورو بەری خۆیشی • وە حەسەن ئەڵێ : نازڵبووە لە هۆزی ئەسەدو غەطفاندا • هاتن بۆ مەدینە موسوڵمان بوون لە پاشان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیانو کوفری خۆیان دەربڕیوە وەکو جاری جاران •

فەرموودەی خودا : (وما کان لمؤمن ان یقتل مؤمنا)

ئیبنو جەریر ریوایەتیکردووە لە عەکرەمەوە ئەڵێ : حەرثی کوڕی یەزید لە بەنی عامیری کوڕی لوەی لەگەڵ ئەبو جەهلـــدا عەزابی عەیاشی کوڕی ئەبو رەبیعەیان ئەدا • پاش موددەیـــەك حەرث موسوڵمان بووو کۆچی کرد بۆ لای حەزرەت (د) بـــۆ مەدینەی مونەووەرەو لە رێگەدا گەییشت بـــە عەیاشو عەیاشی

لەسەر ئەو تەعزیبە کە لە لایەنـــی ئەوەوە کـــرابو بێ‌پرس‌و مەسڵەحەت دایە بەر شیرو کوشتی ! وە گومانی وابوو هەر کافرەو **هات** خەبەری دا بە حەزرەت جا ئەم ئایەتە نازڵ‌بوو .

﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَأً ﴾ :

ڕەوا نیەو ناجۆرە بۆ موسوڵمان کە موسوڵمان بکوژێ مەگەر بە هەڵە .

﴿ وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا ﴾ :

وە هەر موسوڵمانێ موسوڵمانێکی تر بەهەڵە بکوژێ ئـەوە فەرزە لەسەری کە بەندەیەکی موسوڵمان ئازاد بکاو هەم واجبی شانیەتی دییەکە تەسلیم‌بکرێ بە خوێن‌ڕەسی ئەو کوژراوە سـا مەگەر بیکەن بە بەخشش‌و وەری‌نەگرن .

﴿ فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ ﴾ :

ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێ بوو کە دوژمنی ئێوە بن .

﴿ وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾ :

وە کابرا موسوڵمان بوو .

﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ :

ئەوە واجبی قاتڵەکە بەس ئازادکردنـــی بەندەیەکـــی موسوڵمانە ، ئیتر دییەو خوێنی نیە ؛ چونکی ئـــەو کوژراوە

موسوڵمانەو قەومەکەی کافرن‌و ئەو کافرانە میرات وەرناگرن لە موسوڵمان ٠

﴿ وإنْ كانَ مِنْ قَــــوْمٍ بَيْنَكُـــمْ وبَيْنَهُـمْ مِيثاقٌ ﴾ :

وە ئەگەر کوژراوەکە لە قەومێکی کافری وابوو کە لە بەینی ێوەو ئەوانا پەیمان بوو وە دەستان بۆ یەك نەدەبرد ٠

﴿ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إلى أهْلِهِ وتَحْرِيرُ رَقَبَـــةٍ مُؤْمِنَةٍ ﴾ :

ئەوە واجب دیيەیەکە بدرێ بە خوێن‌رەسە موعاهیدەکانی ؛ چونکی خوێنی کافری موعاهید ئەدرێ بە کافری موعاهیـد ، وە ئازادکردنی بەندەیەکی موسوڵمانیشە ٠

﴿ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيامُ شَهْرَيْنِ مُتَتابِعَيْنِ ، تَوْبَةً مِنَ اللهِ ﴾ :

وە ئەگەر کابرای قاتڵ دەستی نەدەڕۆیی کە بەندە ئازاد بکا ئەوە واجبەکەی ڕۆژووگرتنە لە ماوەی دوو مانگدا ڕۆژ بە دوای ڕۆژا وە ئەمە دامەزراوە لەبەر ئەوە کە خودا تەوبە لەو قاتڵـە قەبووڵ بکا ٠

﴿ وكانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (٩٢)

وە خودای تەعالا زانایە بە حاڵــی هەموو لایـــی‌و خاوەن حیکمەتیشە لە هەموو کارێکدا ٠

بزانن لەم شوێنەدا دوو قسە هەیە :

یەکەم قورطوبی ئەڵێ : ئایەتی (وان کان من قوم بینکم وبینهم میثاق) باسی کافرێکی ذیمی یا موعاهید، ئەکا کە موسوڵمانێ بە خەطەء بیکوژێ ، وە ئەمە دییەو کەفارەتی هەیەو ٠ ئەمە بیری ئیبنو عەبباس‌و شعبی‌و نەخەعی‌و شافیعی‌یەو هەم طەبەری ئیختیاری کردووە بە دەلیلی ئەمە کە خودای تەعالا بە (مبهم) لە پێشەوە هێناویەتی‌و نەیفەرمووە (وهو مؤمن) هەتا بزانێ ئەمە باسی کوژراوی موسوڵمان نیە ٠

دووهەم : قەتڵ یا عەمدە ، یا شیبهەعەمدە ، یا خەطایە ٠ عەمد ئەوەیە کە دەسوەشێن قەسدی فیعل‌و شەخص بکاو ئەو شتەیش وا بە دەستیەوە هۆی کوشتن بێ بە ئەغلەب ٠ دووهەم ئەوەیە قەسدی فیعل‌و شەخصەکەی هەبێ بەڵام ئەو شتە بەکاری هێناوە بۆ کوشتن کوشندە نەبێ ٠ سێهەم ئەوەیە یا قەسدی فیعلەکەی نەبێ وە یا قەسدی شەخصەکەی نەبێ ٠ وێنەی عەمد وەکو ئەوە یەکێ پەلاماری دوژمنی خۆی بدا بە خەنجەرو بیکوژێ ٠ وە وێنەی دووهەم وەکو ئەوە کابرا بڕوا بە شووڵی باریك بدا لە دوژمنەکەی‌و بەو لێدانە بمرێ ٠ وێنەی خەطەء وەکو ئەوە کابرا دەمانچە بتەقێنێ لە دوژمنێ ئەو نەپێکێ‌و یەکێ لە پشتیەوە بێ لێی بداو بیکوژێ ٠ یاخود بەڕێدا بڕواو بکەوێ بەسەر منالێکدا بیکوژێ ٠

فەرموودەی خودا (ومن یقتل مؤمنا متعمدا) الایة

ئیبن‌و جەریرو ئیبن‌ولمونزیر (خ) ریوایەتیان‌کردووە لە

(عەکرەمەوە) کە پیاوێ لە ئەنصار برای مەقیس کوڕی صەبابەی کوشتو حەزرەت (د) دییەکەی پێداو وەریگرتو بڕایەوە ، پاش ماوەیەك فرسەتی گرت لە یارۆی ئەنصاری کوشتی ! کە حەزرەت ئاگادار بوو لەسەر ئەم غەدرە فەرمووی نابێ مەقیس رزگار ببێ لە کوشتن نە لە حەرەمداو نە لە غەیری حەرەم پێویستە قیصاصی لێ بسەنرێ ، جا لە رۆژی فەتحی مەککەدا لە نزیکی کەعبەدا مەقیس کوژرا • پاش ئەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە •

وە سەعیدی کوڕی جوبەیر (خ) ئەڵێ : ئەهلی کوونە لە مەعنای ئەم ئایەتەدا ئیختیلافیان تێکەوت ، جا من رۆییشتم بۆ خزمەتی ئیبنو عەباس (خ) پرسیارم کرد لە مەعناکەی ، فەرمووی : ئەم ئایەتی (ومن یقتل مؤمنا متعمدا) • ئاخر ئایەتێکە لەو بابەتەدا نازڵبووەو هیچ ئایەتێ نەسخی نەکردووەتەوە • بوخاریو موسلیم ریوایەتیانکردووە هەروا ئەبو داود ریوایەتی کردووە ئەڵێ : کاتێ ئایەتی سوورەتی (فرقان) هاتەخوارەوە (والذین لا یدعون مع الله الها اخر ولا یقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق ولا یزنون) موشریکەکانی ئەهلی مەککە وتیان : ئێمە هەموو ئەمانەمان کردووە ، جا خودا ئەو ئایەتەی بە شوێنیا نارد : (الا من تاب وآمن وعمل عملا صالحا فاولئك یبدل الله سیآتهم حسنات) ئەم ئایەتە بۆ ئەو موشریکانە نازڵبوو • وە ئەمما ئایەتی سوورەتی نیساء (ومن یقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤە جهنم خالدا فیها) ئەوە مەعنای وایە موسوڵمان کە شەریعەتو دینی ئیسلامی ناسیو لەگەڵ ئەوەدا

به ناحەق رۆییشت بە عەمدی موسوڵمانێکی کوشت ئەوە جەزاکەی دۆزەخە هەتا هەتایەو تەوبەی نیە ·· ئەڵێ : من ئەم قسەمە کرد بۆ موجاهید ئەو فەرمووی : (الا من ندم) ·

وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) حەزرەت (د) فەرموویەتی : لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسانە کە لە دنیادا کوژراون قاتیلەکانی خۆیان رائەکێشن بە تووکی بەرسەریانو لەو کاتەدا ئەو رەگانە کە کابرای قاتیل بڕیونی خوێنیان پێدا دێتەخوارو کابرای کوژراو ئەڵێ : یارەببیئەمە کوشتمی ··· هەتا نزیکی ئەخاتەوە لە عەرش · جا ئەم باسەیان گێڕایەوە بۆ ئیبنو عەباسو پرسیاری تەوبەیان لێکرد ئەویش (ومن یقتل مؤمنا متعمدا)ی خوێندەوەو فەرمووی : ئەم ئایەتە نەسخ نەکراوەتەوەو نەگۆڕاوەو تەوبە لەو قاتیلە قەبووڵ ناکرێ · ئەمە ترمذی ریوایەتی کردووە بە ئیسنادێکی حەسەن لە ئیبنو عەباسەوە · یانی ئیبنو عەباس بیرو باوەڕی لەسەر ئەوەیە کە موسوڵمانێ دین بناسێو موسوڵمانێ بە عەمدیو بە ناحەق بکوژێ ئەوە تەوبەی لێ قەبووڵ ناکرێو هەتا هەتایە وا لە دۆزەخا لەبەر ئەم ئایەتە · بەڵام هەموو عالمانی دین لە ئەهلی سوننەتو جەماعەت لەسەر خیلافی ئەم بیرو باوەڕەنو ئایەتی (الا من تاب) لەسەر عوموومی خۆی ئەمێنێتەوەو ئایەتی (ومن یقتل مؤمنا متعمدا) موقەیەدە بە ئایەتی (ان الله لا یغفر ان یشرك به ویغفر مادون ذلك لمن یشاء) وە بەو حەدیثە کە حەزرەت فەرموویەتی (لو لم تذنبوا لذهب الله بکم ولجاء بقوم یذنبون فیستغفرون فیغفر لهم) وە ئایەتی (ومن یقتل مؤمنا متعمدا) تەئویل ئەکرێ بە

گەسێ کە کوشتنی ئەو موسوڵمانە بە حەلاڵ بزانێ ، وە یاخود بەو شێوە نازڵ بووە لەبەر زەجری ئادەمیزاد لە کوشتنی ناحەق .
جا خودا فەرمووی :
﴿ ومَنْ يَقْتُلْ مُؤمِناً مُتَعَمِّداً ﴾ :
هەرکەسێ موسوڵمانێ بکوژێ بە قەسدو مەبەس‌و حەقی کوشتن نەبێ بە یاسای ئیسلام .
﴿ فَجَزاؤُهُ جَهَنَّمُ خالِداً فِيها ﴾ :
ئەوە جەزای ئەو پیاوکوژە یا ئەو ژنکوژە دۆزەخەو حاڵی کابرا وایە تیایا ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە .
﴿ وغَضِبَ اللهُ عَلَيْهِ ولَعَنَهُ ﴾ :
وە خودا غەزەبی خۆی رژاندووە بەسەریاو نەفرینی لێکردووەو دووری خستووەتەوە لە میهرەبانی‌ی خۆی .
﴿ وأَعَدَّ لَهُ عَذاباً عَظِيماً ﴾ : (٩٣)
وە بۆی ئامادەکردووە سزایەکی گەورە .

فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا اذا ضربتم في سبيل الله)

بوخاری‌و ترمذی‌و حاکم ریوایەتیانکردووە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) ئەڵێت : پیاوێ لە قەبیلەی (بني سليم) رابورد بەلای کۆمەڵێ لە ئەصحابی پێغەمەرا (د)و بازێ مەڕی لەگەڵدا بوو وە سەلامی کرد لێیان ، ئەوانیش وتیان : ئەم کافرە بۆیە سەلامی کرد لە ئێمە بۆ ئەوە خۆی رزگار بکا . هەستان بۆی

کوشتیانو مەڕو ماڵەکەیان هێنا بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) جا ئەم ئایەتە نازڵبوو لەسەر زەجرو لۆمەیان نەســـەر ئەو رووداوەو فەرمووی :

﴿ يا أيُّها الّذينَ آمَنُوا إذا ضَرَبْتُمْ في سَبيلِ اللهِ فَتَبَيَّنُوا ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خــودا کاتێ کە سەفەرتان کردو رۆییشتن بۆ جیهاد ئاگاتان لە خۆتان بێو شت رووناك بکەنەوەو زانست وەربگرن لە کارا نەکا بە هەڵەو بە ناحەق دەس درێژ بکەن بۆ گیانی کەسێ یا بــۆ ماڵو دارایی ئەو کەسە ٠

﴿ و لا تَقُولُوا لِمَنْ ألْقى إلَيْكُمُ السَّلامَ : لَسْتَ مُؤْمِناً ﴾ :

وە مەڵێن بە کەسێ کە سەلامی لێ کردن بە سەلامی ئیسلام : تۆ موسوڵمان نیتو ئــــەم سەلامەت لەبەر نیفاقە یــــا لــەبەر خۆڕزگارکردنە ٠

﴿ تَبْتَغُون عَرَضَ الحَيوةِ الدُّنْيا ﴾ :

لە حاڵێکدا ئێوە بەو وەزعە کە هەتانە طالیبی ماڵو دارایی خەڵك بن لەم ژیانی دنیادا ٠

﴿ فَعِنْدَ اللهِ مَغانِمُ كَثيرةٌ ﴾ :

لە لای خودا دەسکەوتی زۆر هەیە بۆ ئێوە ٠

﴿ كَذلِكَ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللهُ عَلَيْكُمْ ﴾

ئێوەیش لە پێش ئیسلامییەتدا وەکو ئەو کابرایـە بوونو ئیمانتان نەبوو بەڵام خودا رەحمیپێکردنو تەوفیقی دان بـۆ دینی ئیسلام ٠

﴿ فَتَبَيَّنُوا ﴾ :

دەی لەمەولا هەمیشە ئاگاتان بێو لە شت بکۆڵنەوە هەتـا حەقیقەت وەربگرن ٠

﴿ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾ : (٩٤)

بە راستی خودای تەعالا بەوەی کە ئێوە ئەیکـەن ئاگادارەو لەسەر قوسوور خەبەردارە ٠

فەرموودەی خودا (لا يستوي القاعدون من المؤمنـين ٠٠٠ الآية)

ئیمامی ئەحمەدو بوخاریو ئەبو داوودو ترمذيو نسائـي ریوایەتیان کردووە لە زەیدی کوڕی ثابتەوە (خ) کە : حەزرەت (د) خوێندیەوە بەسەرما (لا يسـتوي القاعدون مـن المؤمنـين والمجاهدون في سبيل الله بأموالهم وانفسهم) لەو کاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی (ام مكتوم) هاتو حەزرەت ئایەتەکـەی ئەخوێنـدەوە بەسەرما ، عەرزی کرد : یا رەسولەڵڵا من ئەگەر کوێر نەبوایەم جیهادم ئەکرد لە رێگەی خودادا ٠ لەوێدا وەحـی نازڵبوو وە حەزرەت سەری لەسەر رانم بوو بە (غير اولي الضرر) ٠

وە بەیهەقیو طەبەرانی ریوایەتیان کردووە لە ئیبـنو عەباسەوە (خ) ئەو کەلیمە هاتە خوارەوە دەرحەق بەوانە کـە

ئەخۆشین‌و ئێش‌و ئازار مەنعی جیهادی کردووە لێیان • واتــــە ئەوانە ئەجری موجاهیدیان بۆ ئەنووسرێ • جا خودا فەرمووی :

﴿ لا يَسْتَوي القاعِدُون مِنَ المُؤْمِنين ــ غَيْرُ أولي الضَّرر ــ والمُجاهِدُونَ في سَبِيلِ اللهِ بِأمْوالِهِـــم وانْفُسِهِمْ ﴾ :

راتە وەکو یەك نین لە ئەجرو ثەوابا ئەو موسوڵمانانە کــە دانیشتوون لە جیهادو عوزریشیان نیە ، وەکو شەـلی‌و کوێری‌و نەخۆشی ، وە ئەو موسوڵمانانە کە جیهاد ئەکەن لە رێگەی خودادا بە ماڵی خۆیان‌و نەفسی خۆیان •

﴿ فَضَّلَ اللهُ المُجاهِدين بِأمْوالِهِمْ وَأنْفُسِهِـــمْ عَلى القاعِدِينَ دَرَجَةً ﴾ :

کە وەکو یەك نین مەعنای وایە کــە خودا گەورەی کردووە ئەو کەسانە کە جیهاد ئەکەن بە ماڵو نەفسی خۆیان لە رێگــەی خودادا لەسەر ئەوانە کە دانیشتوون‌و بە بێ عوزر جیهاد ناکــەن بە دەرەجەیێ‌و پایەیەك ، بەڵام ئەم پایەی غەزایە مایەی پیرۆزی‌و مایەی رەزایە •

﴿ وكُلاً وعَدَ اللهُ الحُسْنى ﴾ :

(مع العلم) کە خودای تەعالا بە هــــەردوو تاقمەکەیــان وەعدەی پایەی جەزای جوانی داوە •

﴿ وفَضَّلَ اللهُ المُجاهِدين عَلى القاعِدينَ أجْـــراً عَظِيماً ﴾ : (٩٥)

وە بۆ تەئکیدی فەرموودە پێشووەکەی دووبارە فەرمووی :

خودا موجاهیدینی گەورە کردووە بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون لە جیهادو جیهاد ناکەن بەبێ عوزر بە پایەیەکی گەورەو مەقامێکی عالـــی ٠

﴿ دَرَجاتٍ مِنْهُ ومَغْفِرَةً ورَحْمَةً ﴾ :

ئەو ئەجرە عیبارەتە لە چەن پایەی نەوع نەوع لە بەهەشتا بە گوێرەی ئیخلاص‌و زرووفی شەهید بوونەکەیان ئەگـــەر شەهید کرابن ، وە بە گوێرەی هێزو قووەتی دوژمنەکانیان ئەگەر شەهید نەکرابن ، وە بریتی‌یە لە عەفوی ئەو گوناهانە کە لـــە دنیادا کردوویانە ، وە بریتی‌یە لەو رەحمەتە زیادەو لـــەو میهرەبانی‌و ئیکرامە کە لە رۆژی لیقادا نیشانیان ئەدا ٠

﴿ وكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ : (٩٦)

وە خودا بووەو لایەزال هەر تاوانبەخش‌و میهرەبانە ٠

فەرموودەی خودا : (ان الذن توفیهم الملئکة) الآیة

بەیهەقی‌و ئیبن‌ولمونزیر ریوایەتیان‌کردووە لـــە ئیبـــن‌و عەباسەوە (خ) کە قەومێ لە ئەهلی مەکە موسوڵمان بوون بەڵام ئیسلامیەتی خۆیان ئەشاردەوە ٠ وە موشریکەکان لـــە زووداوی بەدرا لەگەڵ خۆیانا هێنانیان بۆ جەنگ‌و بازێ لەوان برینـــدار بوون‌و بازێکیان کوژران‌و ئەصحابەکان ئەیان‌ناسین ٠ وتیان : ئەمانە موسوڵمان بوون‌و لەگەڵ کافرەکانا بـــەزۆر هاتـــوون ، دۆعای عەفویان بۆ بکەن ٠ وە ئەم ئایەتە دەربارەی ئەوانـــە

نازڵبوو وه نووسراو رەوانەکرا بۆ مەکە بۆ لای موسوڵمانەکانو حاڵی بوون کە عوزریان نیە لە مانەوەیان لە مەکەدا • جـا دەرچوون لە مەکەو موشریکەکان کەوتنە شوێنیانو گیرۆدەیـان کردن بە فیتنەو ئەم ئایەتە نازڵبوو لە شانیانا کە لە ســوورەی عەنکەبوتا رەقەم(١٠)یە (ومن الناس من يقول آمنا بالله فاذا اوذی في الله جعل فتنة الناس كعذاب الله ، ولئن جاء نصر مـن ربك ليقولن : انا كنا معكم • او ليس الله باعلم بما في صـدور العالمين ؟ وليعلمن الله الذين آمنوا وليعلمـن المنافقـين) جـا موسوڵمانەکان ئەم ئایەتەیان نوسی بۆیان بۆ مەکە ، ئەوانیش زۆر غەمبارو دڵگرانو نائومێد بوون ، ئەمجار خودای تەعالا ئەم ئایەتی سوورەتی نەحلەی رەوانە کرد (رەقەم ١٠) (ثـم ان ربك للذين هاجروا من بعدما فتنوا ثم جاهدوا وصبروا ان ربك من بعدها لغفور رحيم) جا موسوڵمانەکان نووسییان بۆیان کـە خودا دەرووی لێکردوونەتەوە زو لە مەکە بێنەدەرەوە ، ئەوانیش لە مەکە هاتنەدەرەوەو کافرەکان کەوتنە شوێنیان ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوانەیش دەرچوون دەرچوون •

بەڵام بوخاری بە کورتی ئەم باسەی نووســیوە ئەڵێ : کۆمەڵێ لە موسوڵمانان لە شاری مەکەدا لەگەڵ موشریکەکـان بوون ، قەرەباڵغی کافرەکانیان زۆر ئەکرد لـە جەنگـدا ، وە رێئەکەوت تیر ئەهات ئەیدا لە بازێکیان بریندارى ئەکرد یـا ئەیکوشت • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو خـودای تەعـالا فەرمووی :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّيٰهُمُ الْمَلَٰئِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ ﴾

به راستی ئەو کەسانە کە بە فەرمانی خودای تەعالا فریشتە ئەرواحیان وەرئەگرێو ئەیانمرێنێو حاڵیان وایە کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بەهۆی تەرکی هیجرەتو کۆچکردن لە مەکـــەی موکەڕەمە بۆ مەدینەی مونەوەرە ·

﴿ قالُوا : فِيمَ كُنْتُمْ ؟ قالُوا : كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ في الأَرْضِ ﴾ :

مەلائیکەکان پرسیاریان لێکردن : ئێوە لە چیدا بوون لـــە خوصووصی دینی خۆتانەوە ؟ ئەوانیش جوابیان‌دایەوە کە : ئێمە بێ‌دەستەڵات بووین لە وڵاتەکەماناو یارایی هاتوچۆمان نەبوو ·

﴿ قالُوا : أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللهِ واسِعَةً فَتُهاجِرُوا فِيها ؟ ﴾ :

مەلائیکەکانیش لـــە ڕەدی قسەکەیانـــا پێیان ئەڵێن : ئـــایـــا عەرزی خودا گوشاد نەبوو هەتا ئێوە کۆچی تێدا بکەن بـــــۆ مەدینە ؟ وەکو حەزرەتو ڕەفیقەکانی ، یاخود بۆ وڵاتێکی تــــر وەکو لە پێشا بەعزێ لە ئەصحابەکان چوون بۆ وڵاتی حەبەش ·

﴿ فَأُولئِكَ مَأْويهُمْ جَهَنَّمُ وساءَتْ مَصِيراً ﴾ : (٩٧)

جا ئەو کۆمەڵە کە خۆیان داگرتو کۆچیان نەکرد لە مەکەو بوون بە هۆی زۆرکردنی ڕەشایی سوپای کافرەکان ئەوە مەئواو مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخەو زۆر خراپە لە جیهەتی مەنزڵگای ئەنجامەوە ·

﴿ إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ والنِّسَاءِ والوِلْدانِ ﴾ :

ئیللا ئەوانە نەبێ کە بە زایف ژمێرراون لە لای کافرەکاناو زاڵ بووون بەسەریاناو مەیدانی دەرچوونیان پێ نەداون لە پیاوانو ژنانو منداڵانی وردی نابالغ لە بەندەکانو منداڵانی موسوڵمان ٠

﴿ لا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً و لا يَهْتَدُونَ سَبِيلاً ﴾ (٩٨)

کە تەوانای کارێکیان نەبووە ببێ بە هۆی دەرچوونیان لە مەکەو شارەزای رێگە نەبوون ٠ وە نەبوونی ئیستیطاعەی حیلە یانی ئەسبابی کۆچکردنیان نەبووە وەکو هێزێ کە بەرابەریی مانیعەکانیان بکا بە ئاشکراو پارەو مایەیێ کە خەرجی بکەن لە رێگەدا ٠ وە عەدەمە ئیهتیدای سەبیل عیبارەتە لەوە خۆیان (بالذات) رێگەیان نەزانیوەو پارەو ماڵێکی وایشیان نەبووە بیدەن بە دەلیلەکان کە بە ئاشکرا یا پەنامەکی دەریانبکەن بۆ مەدینەی مونەوەرە یا بۆ شوێنێکی وەها کە بیکەن بە ماوای خۆیانو تیا بژین ٠

﴿ فَأُولئِكَ عَسَى اللهُ أَنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ ﴾ :

ئەمانە نزیکە خودا عەفویان بکا ٠

﴿ وكانَ اللهُ عَفُوّاً غَفُوراً ﴾ : (٩٩)

وە خودای تەعالا چاوپۆشو میهرەبان بووە بەرابەر بە

عیبادی خۆی . وه باسی عەفو بە نیسبەت ئینسانێکی وا کـــە تەوانای نەبێ بە دارایی وه یاخود هەر لە پایەی تەکلیفدا نەبێ.. لەبەر ئیشارەیە بۆ لای ئەوه ئەوەندە مانەوە لەبەر دەستـــی کافراناو دەرنەچوون بۆ ولاتی ئیسلام خەتەرناکەو لەوانەیە کە گوناحی پێبنووسرێ لەسەر ناتەوانو منداڵەکان .

ئیبنو عەباس (خ) فەرموویەتی:منو دایکم لەوانەن کە خودای تەعالا لەم ئایەتی (الا المستضعفین) دا قەسدی کردوون . وە دایکی (ام الفضل) ـ لبابە کچی حارثە خوشکی میمونـــەی حەرەمی حەزرەتو ـ خوشکەکەی تریان لبابەی صوغرا بووه . ئەمانە نۆ خوشك بوون شەشیان لە باوكو دایکێ ، ئەو سیانـە وتمان و سەلماو عەصماو حەفیدە کە ناوی هەزیلە بووەو پێیان وتووه ئومەو حەفیدو سێ خوشکیشیـــان لە دایکیـــان بوون ، ئەوانیش سەلماو سەلامەو ئەسمای کچی غومەیسی خەثعەمیە کـە لە پێشا ژنی جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب بوو پاش ئـــەو شووی‌کرد بە ئەبووبەکری صدیقو پاش ئەو شووی کرد بە عەلی کوڕی ئەبوطالیب (خ) .

فەرموودەی خودا (ومن یهاجر فی سبیل الله .. الایة)

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئەبو یەعلا ریوایەتیان‌کردووه لـــە ئیبنو عەباسەوه (خ) فەرموویەتی : کـــە ســـەمرەی کوڕی جوندوب یا ئیبنولعیص لە شـاری مەککەدا بوو وە موسوڵمـــان

بوو کاتێ ئەم ئایەتی (الا المستضعفین)ی بیست وتی : خودایە بە راستی من دەوڵەتمەندمو من تەواناى حیلەم هەیەو من خۆم دەلیلمو شارەزای رێگەمو هیچ عوزرێکم نیە ••• وە لەگەڵ ئەوەدا کە نەخۆش بوو خۆی ئامادەکردو وتی بە خێزانەکەی هەڵمبگرنو دەرمبکەن لەم عەرزی شیرکە بمبەن بۆ خزمەتی رەسوولەڵلا ، وە فیعلەن ئەوانیش هەڵیانگرتو دەریانکرد لە مەکەو کەوتە سەر رێگەی مەدینەی مونەوەرە ، کاتێ گەییشتە (تەنعیم) وەفاتی کرد لە پێش ئەوەدا کە بگات بە حەزرەت (د) جا ئەم ئایەتە نازڵبوو • وە خودا فەرمووی :

﴿ ومَنْ يُهاجِرْ في سَبِيلِ اللهِ يَجِدْ في الأرْضِ مُراغَماً كَثِيراً وَسَعَةً ﴾ :

کەسێ هیجرەت بکا لە وڵاتی خۆی بۆ وڵاتی دین بە ئیخلاصەوە لە رێگەی خودا ئەوە جێگەی دوور لە فیتنەی دەسئەکەوێو گوشادییەکی دەسئەکەوێ لە رزقو ژیوارا‌و لە ئارامگادا •

﴿ ومَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهاجِراً إلى اللهِ وَرَسُولِهِ ﴾ :

وە کەسێ لە ماڵی خۆی دەربچێ حاڵی وابێ موهاجیر بێ بۆ لای خوداو پێغەمەری خودا •

﴿ ثُمَّ يُدْرِكْهُ المَوْتُ ﴾ :

جا لە پاش دەرچوون مردنی پێبگات •

﴿ فَقَدْ وقَعَ اَجْرُهُ عَلى اللهِ ﴾ :

ئەوە بە تاقیق ئەجری دامەزراوە لەلای خودا ٠

﴿ وكانَ اللهُ غَفوراً رَحيماً ﴾ : (١٠٠)

وە خودای تەعالا تاوانپۆش‌و میهرەبانە :

جا بە موناسەبەی ئەم ئایەتانەوە کە باسی جیهادیان تێدابوو خودای تەعالا باسی کورتەوەکردنی نوێژی موسافیرو چلۆنیەتی نوێژی خەوفی کردو فەرمووی : (واذا ضربتم في الارض ... الاية) ٠

ئیبن‌و جەریر ئەگێڕێتەوە لە ئیمامی عەلی (خ) ئەفەرموێ : کۆمەڵێ لە بەنی‌نەججارِ ئەنصاری مەدینە پرسیاریان کرد لە حەزرەت (د) : ئێمە سەفەر ئەکەین لە سەفەرا نوێژ چۆن بکەین ؟ جا ئەم ئایەتە نازڵبوو ، وە پاش ئەوە وەحی بڕایەوە ، پاش ئەوە بە ماوەی سێ ساڵ حەزرەت رۆیی بۆ غەزاو لەو غەزادا نوێژی نیوەڕۆی کرد کاتێ نوێژەکەیان بە جەماعەت کرد کافرەکان لەناو خۆیانا وتیان : ئەتانتوانی لەم نوێژی ئەوانەدا هێرش ببەین بۆ سەریان‌و بیانفەوتێنێن بۆچی موبالاتتان نەکرد بەم هەلە باشە ؟ یەکێ لەوان وتی : نوێژی تریان هەیە لە دوای ئەم نوێژە لەو کاتەدا هێرش ببەنە سەریان، وە لە پاش ئەم نوێژی نیوەڕۆو پێش نوێژی عەسر ئەم ئایەتە نازڵبوو وە هیوای کافرەکان بە هەوادا رۆیشت‌و خودا فەرمووی : (ان خفتم ان يفتنكم الذين كفروا « هەتا » عذابا مهينا) ٠

وە ئیمامی ئەحمەدو بەیهەقی‌و حاکم‌و ئەبوداوودو نەسائی

ریوایەتیانکردووە لە ئیبنو عەیاش (زرقی) ئەڵێ : لە خزمەتی حەزرەتا بووین لە عەسفاندا (ناوی شوێنێکە) ، کافرەکان روویان تێکردین بۆ جەنگو خالیدی کوڕی وەلیدیش لەناویانا بوو ، وە ئەوان لە بەینی ئێمەو قیبلەدا بوونو حەزرەت نوێژی نیوەڕۆی پێکردین بە یەکەوە ، وە کافرەکان وتیان : ئەمانە لە کاتێکدا بوون غافڵ بوون لە هێرشی ئێمە ئەگەر ئێمە هێرشمان بکردایە باش لێمان ئەدان ! یەکێ لەوان وتی : نوێژی تریان هەیە پاش ئەم نوێژە کە لەم نوێژە زیاتر خوشیان ئەوێ ٠٠ لەو نوێژەدا لێیان ئەدەین! خودای تەعالا لە پاش ئەم نوێژی نیوەڕۆو وە لە پێش عەسرا جوبرەئیلی نارد بەم ئایەتەوە (واذا کنت فیهم ٠٠٠ الایة) ٠

وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەباسەوە (خ) کە ئایەتی (ولا جناح علیکم اذا کان بکم اذی) نازڵبوو بە هۆی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە کە بریندار بوو (رواه البخاري) ٠ بە هەر حاڵ خودا ئەفەرموێت :

﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَوةِ ﴾ :

واتە : کاتێ کەوتنەسەفەرەوەو بە عەرزا رۆیشتن ئەوە گوناحتان لەسەر نیە کە نوێژەکانتان کورتبکەنەوە ٠ واتە چوار رکاتی بکەن بە دوو رکات ٠

﴿ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ :

ئەگەر ترستان بوو کافرەکان ناڕەحەتتان بکەنو بێن بەسەرتانا ٠

﴿ إِنَّ الكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُبِينًا ﴾ :
(١٠١)

به راستی کافرەکان دوژمنێکی دیارین بۆ ئێوه ٠

﴿ وإذا كُنْتَ فِيهِمْ فأَقَمْتَ لَهُمْ الصَّلوة ﴾ :

وه کاتێ تۆ له ناویانا بووی‌و ویستت نوێژ بکەی بۆیان ٠

﴿ فَلْتَقُمْ طائِفَةٌ مِنْهُمْ مَعَكَ ولْيَأْخُذُوا أَسْلِحَتَهُمْ ﴾ :

بیانکه به دوو تاقم : تاقمێکیان بەرەوڕووی دوژمن راوەستێ‌و ، تاقمێ لەوان راستببنەوه دەس بکەن به نوێژ لەگەڵ تۆداو با چەکی جەنگیشیان وەربگرن لەگەڵ خۆیانا ٠ خوودە لەسەرکەن شیر بکەنه مل ٠ تیرو کەوانیان حازر وەکو جل ٠

﴿ فَإِذا سَجَدُوا ﴾ :

کاتێ ئەم تاقمه سوجدەکانی رکاتی یەکەمیان برد له پشتی تۆوه ٠

﴿ فَلْيَكُونُوا مِن وَرائِكُمْ ﴾ :

با تۆ بەجێ بهێڵن‌و بڕۆن له دواوه بەرەو ڕووی دوژمن راوەستن له جێگەی تاقمەکەی تراو ئاگادار بن له دوژمنەکان ٠

﴿ ولْتَأْتِ طائِفَةٌ أُخْرى لَمْ يُصَلُّوا فَلْيُصَلُّوا مَعَكَ ولْيَأْخُذُوا حِذْرَهُمْ وأَسْلِحَتَهُمْ ﴾ :

پاش ئەوه تاقمی یەکەم چوونه دواوه بۆ ئاگاداری له

دوژمنەکان با تاقمێ تر کە لە پاشەوە راوەستابوون‌و نوێژیان نەکردووە بێن بۆ لای تۆو نوێژ دابەستن‌و رکاتێ نوێژ بکـەن لەگەڵ تۆدا ، بەڵام بـــا ئیستیعداد وەربگرن‌و چەکەکانیـــان هەڵبگرن لەو کاتەدا شوێنەکەی خۆیان بەجی‌دێڵن‌و دێن بۆ لای تۆ مەبادا دوژمنەکان لەم کاتی وەرگەڕانی ئەوانە فرســـەت بێنن‌و هێرش بێنن بۆ سەرتان ٠

﴿ وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُمْ مَيْلَةً وَاحِدَةً ﴾ :

کافرەکان پێیان‌خۆشە ئەگەر ئێوە غافڵ ببن لە چەکـــی جەنگیتان‌و لە بەرگ‌و پۆشاکتان‌و پێویستی سەفەرتان وە بـە جارێ بڕژێن بەسەرتانا بە یەك جار بتانفەوتێنن ٠

﴿ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ كَانَ بِكُمْ أَذًى مِنْ مَطَرٍ أَوْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَنْ تَضَعُوا أَسْلِحَتَكُمْ ﴾ :

وە گوناحتان لەسەر نیە ئەگەر بێ‌ئاساییشێکتان هەبـــێ لەبەر باران یاخود نەخۆش بن لەوەدا کە چەکەکانتان دابنێن ٠

﴿ وَخُذُوا حِذْرَكُمْ ﴾ :

بەڵام ئیستیعدادی خۆتان وەربگرن‌و ئاگادار بن لـــــــە خۆتان ٠

﴿ إِنَّ اللهَ أَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً مُهِيناً ﴾ (١٠٢)

بە راستی خودای تەعالا ئامادەی کردووە بۆ کافرەکـــان عەزابێکی وەها سووکیان بکا ٠ وە قـــەت غافڵ مەبن لێیـــان‌و ئاگادار بن لە شەڕیان ٠

﴿ فَاِذا قَضَيْتُمُ الصَّلاةَ ﴾ :

جا کاتێ کە نوێژە کورتەکەتان تەواو کرد بەو شێوە کـە وتمان ٠

﴿ فَاذْكُرُوا اللهَ قِياماً وَقعُوداً وعَلَى جُنُوبِكُمْ ﴾
ئیتر ئارەزووی خۆتانە چلۆن زیکری خودا ئەکەن بۆتان دروستە بیکەن ؛ خواستتان هەیە بـە راوەستانەوە یا بـە دانیشتنەوە یا لەسەر تەنیشت زیکری خودای تەعالا بکەن ٠

﴿ فَاِذا اطْمَأْنَنْتُمْ فَاَقِيمُوا الصَّلاةَ ﴾ :

جا کاتێ دڵتان ئەمین بووەوە لە بیمی جەنگو لە وڵاتـی ئاساییشدا مانەوە نوێژەکانتان بە شەرائیطو ئەرکانی خۆیەوە بەجێ‌بێنن بە رەسایی ٠

﴿ اِنَّ الصَّلوةَ كانَتْ عَلَى المُؤْمِنِينَ كِتابـاً مَوْقُوتاً ﴾ : (١٠٣)

بە راستی نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرزێکە بەسراوە بـە کاتی تایبەتیەوە فەرزە بە باشی تەواو بکرێ ٠

لەم شوێنەدا چەن باس هەیە :

یەکەم : کورتکردنەوەی نوێژی چوارڕکاتـی لـە کاتی سەفەردا نەبەسراوە بە مەرجی وجوودی ترسەوە بەڵکو لە کاتی ئاساییشیشدا هەر دروستە ٠ یەعلای کوڕی ئومەییە ئەڵێ : وتم بە عومەری کوڕی خەتاب : چۆن دروستە بۆ ئێمە نوێژ کورت

بکەینەوەو ئیستە ئەمین بووینەتەوەو خودا فەرموویەتی : (ان خفتم ان یفتنکم الذین کفروا) ؟! عومەر فەرمووی : منیش تەعەجوبم کرد لەوەی کە تۆ تەعەجوبت لێکردو پرسیارم کرد لە حەزرەت (د) ئەویش فەرمووی : (صدقة تصدق الله بها علیکم فاقبلوا صدقته) فەرمووی : صەدەقەیەکە خودا داویەتی پێتان دەی ئێوەیش قەبووڵی بکەن • جا لەم فەرموودەی حەزرەتەوە (د) دەرئەکەوێ کە قەیدی (ان خفتم ان یفتنکم) بۆ مولاحەزەی غاڵب باسکراوەو مەفهوومی نیە وەکو ئایەتی (وربائبکم اللاتی في حجورکم) •

باسی دووەم : لەسەر مەزهەبی ئیمامەکان هەر نوێژی چوار رکاتی کورت ئەکرێتەوەو ئەکرێ بە دوو رکات ئیتر باقی نوێژەکان کورت ناکرێنەوە • وە بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی (خ) ئەو نوێژە چوار رکاتیە کورت ئەکرێتەوە پێویستە نوێژی حازر بێ یا نوێژی فەوتاوی سەفەر بێ ، وە بۆ دروستی (قەصر) چەن شەرت هەیە • یەکەم ئەمەیە : ئەو سەفەرە دوو مەنزڵ رێگە دوور بێ • واتە حەفتاو دوو کیلۆمەتر بێ •

دووەم : ئەمەیە ئەو سەفەرە حەلاڵ بێ ، واتە بو دزیی وە یا بۆ زیاندان لە موسوڵمانان نەبێ • سێهەم : ئەمەیە هەر لە ئەووەڵی نوێژەکەوە نیەتی قەصر بێنێ • چوارەم : ئەمەیە لە شوورای شارەکە یا ئەو جێگە کە لێیدەرئەچێ لایدابێت •

پێنجەم : نیەتی ئیقامەتی چوار رۆژی نەبێ • شەشەم : ئەمەیە لەو نوێژەدا کە کورتی ئەکاتەوە ئیقتیدا نەکا بە ئینسانێکی وا نوێژەکەی بەتاڵ بێ • حەوتەم : ئەمەیە کە لە

ئەووەڵەوە قەصدی شوێنێکی مەعلووم کردبێ • هەشتەم : ئەبێ لەو نوێژەدا ئیقتیدای نەکردبێ بە ئیمامێ کە نوێژەکەی تەواو بکا • نۆهەم : ئەمەیە کابرا بیرو باوەڕی وابێ کە کورتەوەکردن دروستە • جا ئەگەر داخلی وڵاتێ بوو بە عەزمی ئەوە کـــە چوار ڕۆژ جگە لە ڕۆژی دوخوولو خورووج لەو شوێنـــەدا بمێنێتەوە ئەوە ئیتر هەر گەییشتە ئەو شوێنە ئیتر نابـــێ نوێژەکەی کورتبکاتەوە • وە ئەگەر نەیئەزانی کەی ئیشەکەی تەواو ئەبێو عەزمی وابـو هەرکاتێ ئیشەکەی تەواو بوو لە وەڵاتەکە دەرچێ ئەوە هەتا هەژدە ڕۆژ بۆی دروستە نوێژ کورت بکاتەوە •

باسی سێهەم : ئەمەیە هەر وەکو کورتکردنەوەی نوێـژی چوارڕکاتی دروستە ، وەکو باسمان کرد ، دروستە کە لەگـەڵ قەصرەکەدا یا بە بێ قەصر نوێژی نیوەڕۆ جەمع بکاتەوە لەگەڵ عەصراو نوێژی مەغریب جەمع بکاتەوە لەگەڵ عیشادا • جـــا ئەگەر بە جەمعەتەقدیم بوو واتە عەصری هێنایە لای نیوەڕۆو عیشای هێنایە لای مەغریب ئەوە واجبە لە پێشا نوێژە خاوەن وەختەکە بکا . وە کە هێشتا ئـــەو نوێژەی تەواو نەکردووە قەسدی وابێ کە نوێژەکەی دواوەی لەگەڵدا ئەکا • وە ئەگـــەر بە جەمعەتەئخیر بوو واتە نوێژی نیوەڕۆی برد بۆ لای عەسـرو نوێژی مەغریبی برد بۆ لای عیشا ئەوە هەرکامیان لە پێشا بکا دروستە ، بەڵام ئەفضەل ئەوەیە ریعایەتی تەرتیب بکا • وە بە شەرت گیراوە بۆ جەمع کە طوولی فەصل نەبێ لە بەینی ئـەو نوێژانەدا لە ماوەی قامەتکردنێ زیاتر بۆ ئەو نوێژە دووهەمەو

گەڕانێکی سووك بۆ ئاو لە ولاتێکدا ئاوی تێدا نەبێ · هەروا شەرتە هەتا نوێژە دووهەمەکە دائەبەستێ ئەو سەفەرەی مابێ ئەگەرنا نوێژە پێشووەکەیان ئەبێ بە قەزای بێگوناھ ، واتە نوێژەکە قەزایە بەڵام گوناھ لە تەئخیرەکەیا نیە ·

باسی چوارەم : ئەمەیە نوێژی خەوف چەن نەوعی هەیە ؛ یەکەم : ئەمەیە کە دوژمنەکە لە جانیبی قیبلەوە بێ ئەمە لەم صوورەتەدا وەکو لە نەصی ئایەتەکەدا بەیانکراوە ، ئیمام سوپاکەی بکا بە دوو بەشەوە بەشێکیان موقابیل بە دوژمن راوەستنو ئاگادار بنو بەشێکیان بێن لەگەڵ ئیماما نوێژ دابەستن بە جەماعەت هەتا رکاتێ ئەکەن لەگەڵ ئیماما پاش تەواوکردنی ئەو رکاتە ئەمان بڕۆن لە موقابیلی دوژمنەکەوە راوەستنو چینی یەکەم بێن لە قیاما بگەن بە ئیمام ئەمانیش لەگەڵ ئیماما رکاتێ نوێژ بکەنو کاتێ ئیمام دانیشت بۆ تەحییات ئەمانە راستبینەوە بۆ رکاتی دووهەمیانو تەواوی بکەنو بگەنەوە بە ئیمام کە هەر لە تەحییاتا ماوەتەوە جا تەحییاتەکەیان بخوێننو لەگەڵ ئیماما پاش ئەو سەلام بدەنەوە · وە سێ نەوعی تر لە نوێژی ترس هەیە · پێویستە موراجەعە بکەن بە زانایانی دین ·

﴿ وَلا تَهِنُوا فِي ابْتِغاءِ القَوْمِ ﴾ :

ئەی موسوڵمانان زەعیف مەبن لە کەوتنەشوێنی کافرەکانا بۆ جەنگکردن لەگەڵیانا ·

﴿ إِنْ تَكُونُوا تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ﴾ :

ئەگەر ئێوە ئێش‌و ئازارتان پێ ئەگا لە جەنگدا ئەوانیش ئێشیان پێ ئەگا وەکو ئێوە ئێشتان پێ ئەگا ٠

﴿ وَتَرْجُونَ مِنَ اللهِ ما لاَ يَرجُون ﴾ :

وە زیاد لەوە ئێوە هیوای پایەیەکی واتان هەیە لە خودا کە ئەوان نیانە ٠

﴿ وكانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (١٠٤)

وە بە راستی خودا زانایە بە باوەڕو کردەوەی هەردوو لاتان‌و خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە ئەیکا ٠

فەرموودەی خودا (انا انزلنا اليك الكتاب) لەگەڵ هەشت ئایەت لەپاشیەوە ٠

ریوایەت‌کراوە لە قەتادەی کوڕی نوعمانەوە ئەڵێ : ماڵێ بوون مەشهوور بوون بە (بنو ابيرق) سێ برا بوون : بیشرو ، بەشیرو ، موبەشیر ٠ بیشر پیاوێکی منافق بوو شیعری ئەوت‌و زەمی ئەصحابەی پێغەمەری ئەکردو بازە عەرەبێ شتیان پێ ئەدا ، وە هەرکاتێ زەمی ئەکرد ئەیوت بە درۆ فلانکەس‌و فلانکەس وتوویانە ٠٠ کاتێ ئەصحابەکانیش قسەکانیان ئەبیست ئەیانوت : وەڵلاهی ئەمە هەر قسەی ئەو پیسەیە ئەویش وتی : (او كلما قال الرجال قصيدة نحلت فقالوا : ابن ابيرق قالها) جا قەتادە ئەڵێ : ئەو ماڵە لە جاهیلیەت‌و ئیسلاما هەر گەداو لات بوون‌و زورمەی خەڵك خواردەمەنییان لە

مەدینەدا خورماو نانی جۆ بوو • وە هەر پیاوێ دەوڵەمەنـــد بوایێ کاتێ کە قافڵەیێ لە شامەوە ئاردی گەنمیان بهێنایـــێ ئەڕۆییشت، بازێکی ئەکڕی بۆ نەفسی خۆی ئیتر ماڵو منداڵـــی هەر خورماو نانی جۆیان ئەخوارد • تا جارێ کاروانێ لە شام هاتەوەو ئاردی گەنمیان هێنابوو وە (رفاعە)ی مامم رۆییشت بارێ ئاردی باشی کڕیو کردیە ناو مەشکەیێو لە مەشکەکـــەدا بازێ چەکیش هەبوو وەکو دوو شیرو دوو زرێو بازێ ئەسبابی زیادە • لە شەوا دز هاتە سەر ماڵی ماممو کووپەکەیان لـــــە ژێرەوە کونکردبوو ئاردەکەو چەکەکانیشیان بردبوو •

لە سبەینێدا رەفاعەی مامم هات وتی : ئەی برازام ئیمشەو کووپەکەیان کونکردووەو ئاردەکـــەو چەکەکـــانیان بردووە ئێمەیش کەوتینە پرسیارکردن تا خەڵك پێیان‌وتین : ئیمشـــەو ماڵی (بنو ابیرق) ئاگریان ئەگڕا ، مەعلووم شتی ئێوەیـــان دزیوەو خواردوویانە ! ئێمەیش چووینە سەریان‌و پرسیارمان کرد ، ئەوانیش وتیان : بە خوا ئەو ماڵی ئێوە کەس نەیبردووە ئیللا لەبیدی کوڕی سەهل نەبێ ئەمەیش پیاوێکـــی ماقووڵو خاوەن پایە بوو وە موسوڵمان‌و صالح بوو • کاتێ لەبید ئـەم قسەی بیست رقی داهات شمشێرەکەی خۆی رووت کردو هـــات بۆ سەر (بنو ابیرق) وتی : ئێوە من ئەکەن بە دز ؟! وەڵڵاهی یا بەم شیرە ئەتانکوژم یا ئەبێ ئەم ماڵە بدۆزنەوە ! ئەوانیش وتیان : دوور بکەوەرەوە ، وەڵڵاهی تۆ پیـــاوی دزی نیت • ئەلحاصڵ ئێمە بە قەرینەو نیشانەدا باوەڕمان هاتە سەر ئەوە کە ئەو کارە کاری (بنو ابیرق)بووە ، جا رفاعەی مامم وتـــی

پێم : بڕۆ بۆ خزمەتی حەزرەت ئەم باسەی عەرز بکە • منیش ڕۆیشتم بۆ خزمەتی عەرزم کرد ، وە حەزرەت فەرمووی : باشە تەماشای قەضییەکەتان ئەکەم •

کاتێ (بنو ابیرق) ئاگادار بوون کە من چوومەتە حوزووری حەزرەت (د)و قسەکەم عەرزکردووە ئەوانیش ئامۆزایەکیان بوو ناوی ئەسیر کوڕی عوروة بوو چوون بۆ لای بۆ ئەوە کە ئەوانیش بە هۆی خزمو عەشرەتەوە تەگبیرێ بکەن ، وە فیعلەن کۆمەڵێکیان پێکەوە ناو چوونە خزمەتی حەزرەت عەرزیان کرد: یا رەسولەڵلا قەتادەی کوڕی نوعمانو رفاعەی مامی ئەیانەوێ هۆزی (بنو ابیرق)بکەن بە دزو ئابڕوویان ببەن (مع انە) ئەوان ئەهلی خێرو صەلاحنو ئەمانە بە بێ شاهیدو ئیثبات ، ئەم قسەیان دروستکردووە بۆیان •

قەتادە ئەڵێ : کاتێ هاتمەوە بۆ حوزووری حەزرەتو قسەم لەگەڵا کرد تەماشام کرد عاجزە لە منو لــــە رفاعەی مامو ئەیەوێ کە بەشیرو براکانی دوور بخاتەوە لەو توهمەتــە ، وە منیش زۆر موتەئەثیر بووم،وتم:خۆزگا هەموو ماڵەکەم ئەفەوتاو قسەم نەئەکرد لەگەڵ حەزرەتا ! پاش ئەوە رفاعەی مامم هــات بۆ لام وتی : چیت کردووە ؟ منیش وەزعەکەم بۆ گێڕایەوە ، ئەویش وتی : بڵێین چی ؟ (الله المستعان) • پاش ئەمە ئەونەی پێ نەچوو ئەم ئایاتانە نازڵبوون (انا انزلنا الیك الكتــاب بالحق •••) تا ئاخــری ئایەتەکان • پاش ئەمــە چــەك و

سیلاحەکەی مامیان بردەوە بـــۆ خزمەتی حەزرەت (د) ئەویش دانیەوە بە رفاعەی مامم ، کە هاتم بۆ لای مامم ئەویش پیاوێکی پیر بوو وە وام ئەزانی زۆر دینی قایم نیە • وتی : رۆڵە ئــەو سیلاحانە هەموو لە رێی خودادا بن • جا حاڵی بووم کە مامم موسوڵمانێکی تەواوە• پاش ئەم رووداوە بەشیر گەڕایەوە بـۆ کوفرو رۆییشتەوە بۆ ناو کافرەکـانو بە مـــورتەدی مرد • (العیاذ بالله) جا خودای تەعالا فەرمووی :

﴿ اِنَّا اَنْزَلْنا اِلَيْكَ الكِتابَ بِالْحَقِّ ﴾ :

ئێمە بە راستی قورئانمان ناردوەتە خوار بـــۆ لای تۆ وە حاڵی ئەو قورئانە وەهایە لەگەڵ حەقو ئەحکامی راستایە •

﴿ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِما أَراكَ اللهُ ﴾ :

بۆ ئەوە حوکم بدەی لە بەینی (مدعی) و (مدعی علیه) لەم ئادەمیزادانەدا بەو یاساو ئوصووڵە کە خودا نیشانی داویو خستوویەتە بەرچاوت •

﴿ وَلا تَكُنْ لِلْخائِنِينَ خَصِيماً ﴾ : (١٠٥)

وە تۆ قەت مەبە بە خەصیمو موجادیلو موحامیو مودافیع بۆ ئەو کەسانە کە نائەمینو خەیانەتکارن •

﴿ واسْتَغْفِرِ اللهَ ﴾ :

داوای چاوپۆشی بکە لە خودای تەعالا بۆ خۆت بەرابەر بەو مەیلی دڵە کە بە قسەی ئەسیری کوڕی عوروەو رەفیقەکانـــی کەوتە دڵتەوە بۆ کوڕەکانی (بني ابيرق) •

﴿ إنَّ اللهَ كانَ غَفوراً رحيماً ﴾ : (١٠٦)

بە راستی خودای تەعالا چاوپۆشی کەرو میهرەبانە ٠

﴿ و لا تُجادِلْ عَنِ الّذين يَخْتانُون اَنْفُسَهُمْ ﴾ :

قەت جەدەل مەکە بۆ مودافەعە لەو کەسانە کە خەیانەت ئەکەن لەگەڵ نەفسی خۆیاندا بە خواردنی ماڵی خەڵکی ٠

﴿ إنَّ اللهَ لا يُحِبُّ مَنْ كانَ خوّاناً اَثيماً ﴾ : (١٠٧)

خودای تەعالا بە راستی ناحوببێنێ ئەو کەسانە کە خەیانەت کارو تاوانبارن ٠

ریوایەتکراوە ئەو کابرا کە دزییەکەی لێدەرکەوتو رایکرد شەوێ رۆییشت بۆ دزیی ماڵێکی ترو دیوارێکی کون کرد بۆ ئەوە بڕواتە ناو ماڵەکەوە ، وە ئەو دیوارە رووخا بەسەریاو مرد ٠

﴿ يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلا يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللهِ ﴾ :

کاری ناپەسەندو دزیی ئەشارنەوە لە خەڵكو شەرمیان لێئەکەن بەڵام نایشارنەوە لە خوداو شەرم لە خودای تەعالا ناکەن ٠

﴿ وَهُوَ مَعَهُمْ إذْ يُبَيِّتُون ما لا يَرْضى مِنَ القَوْلِ ﴾ :

وەلحاڵ خودا لەگەڵیانە لەو کاتەدا لە شەوا قسەی ناهەمواری ئەکەن کە خودا رازی نیە لێیان ٠

﴿ وكانَ اللهُ بِما يَعْمَلُونَ مُحِيطاً ﴾ : (١٠٨)

وه خودا هەمیشە موحیطـو ئاگاداره لە هەموو ئەو کارانه ـه ئەوان ئەیکەن •

﴿ ها أَنْتُمْ هؤُلاءِ جادَلْتُمْ عَنْهُمْ في الحَياةِ الدُّنْيا ﴾ :

باشە ئەوا ئێوه ئەو کەسانەن کە موجادەلەتان کرد بۆ رزگاری ئەوان لە عالەمی دنیادا •

﴿ فَمَنْ يُجادِلُ اللهَ عَنْهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ؟ ﴾ :

ئەی کێ موجادەلە بکا لەگەڵ خودادا لەسەر ئەوان لە رۆژی قیامەتا ؟

﴿ أَمْ مَنْ يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً ﴾ : (١٠٩)

یا خود کێ ئەبێ بە وەکیل بۆ ئەوان ؟

﴿ ومَنْ يَعْمَلْ سُوءً أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللهَ يَجِدِ اللهَ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ : (١١٠)

هەرکەسێ کارێکی خراپی وەها بکا کە زیانی بۆ غەیری خۆی ببێ ، یاخود ستەم بکا لە نەفسی خۆی ، بەم رەنگە بازێ کردەوەی ناپەسەند بکا لە زاتی خۆیا ، لە پاشان داوای عەفوو مەغفیرەت بکا لە خودا ئەوە بە بێ شوبهە خودای خۆی دەس نەکەوێ بە چاوپۆشو میهرەبان :

﴿ وَمَنْ يَكْسِبْ إِثْماً فَإِنَّما يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ ﴾ :

کەسێ گوناهێ پەیدا بکا بۆ خۆی ئەوە زیانەکەی هـــەر لەسەر نەفسی خۆیەتی •

﴿ وکانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (١١١)

بە راستی خودا عەلیمو زانایە بە ئەحوالی مەخلووقاتـــی خۆیو خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە ئیستیعجالو پەلەپەل ناکـــا بۆ ئەزابداتی کەس •

﴿ ومَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أوْ إثْماً ثُمَّ يَرْمِ بِـــهِ بَرِيئاً ﴾ :

کەسێ خۆی گوناهێکی بچووك یا گەورە بکاو لە پاشانا ئەو گوناهە بخانە ملی کەسێ کە عەلاقەی بەبەدەوە نیە بەوکارەوە •

﴿ فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَاناً وإثْماً مُبِيناً ﴾ : (١١٢)

ئەوە بە راستی ئەو کەسە بوختانێ گەورەی هەڵگرتووەو تاوانێکی ئاشکرا •

﴿ ولَوْلا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكَ ورَحْمَتُهُ ﴾ .

ئەگەر فەضلو کەرەمی خودا زۆر نەبوایێ بەســەر تۆداو میهرەبانی زۆر نەبوایێ •

﴿ لَهَمَّتْ طائِفَةٌ مِنْهُمْ أنْ يُضِلُّوكَ ﴾ :

بە راستی تاقمێ لەو کافرانە کە بە وەفد بۆ دیفاع هاتبوون ویستیان رێگە لە تۆ ونبکەن •

﴿ ومَا يُضِلُّونَ إلاّ أنْفُسَهُمْ ومَا يَضُرُّونَكَ مِنْ شَيءٍ ﴾ :

ئەوانە ناتوانن کەس گومڕاه بکەن خۆیان نەبێ وە بــە قەتعی زیان بە تۆ ناگەیەنن •

﴿ وانزل الله عليك الكتاب والحكمة ﴾ :

وە خودای تەعالا کیتابی ناردووە بۆتو مەعریفەتـــی ئەشیای نیشانداوی وە حیکمەتی فێرکردووی •

﴿ وعلمك ما لم تكن تعلم ﴾ :

وە ئــەو حەقایقەی نیشــانداوی کــە تۆ لەمەو پێش نەتئەزانی • ئەوەتە کە لە پێش نازلکردنی قورئانا تــۆ ئەحوالی هۆزی (بنو ابیرق)ت نەدەزانی ، وە لە پاش ناردنـــی قورئان ئاگادار بووی •

﴿ وكان فضل الله عليك عظيما ﴾ : (١١٣)

وە فەضلو کەرەمی خودا لەسەر تۆ زۆر گەورەیە بە هۆی ئەوەوە رەوانەی کردی بە ریسالەتێ عامەو شامیلە بە دەوام تــا رۆژی قیامەت •

وە لە تەفسیری بەیضاویو فــەخرەدینی رازیـــدا (خ) نووسراوە ئەم دزە ناوی طوعمە بووە ، جا ئەگونجێ وەکــو قورطوبی نووسیویەتی ناوی بەشیر بووبێو لەقەبی طوعمــە بووبێ • وە بەیضاوی ئەگێڕێتەوە کە طوعمەی کوڕی (ابیرق) رۆییشت ئەو هەمانە ئاردەی دزیو چەکەکانیشی تێدابــوو وە هێنای لە ماڵی زەیدی کوڕی سەمینی یەهوودیدا شاردەییەوە ، کاتێ خەڵك کەوتنە دۆزینەوەی ئەو ماڵە تەماشایان کرد لــە

ڕێگەدا ئارد داوەڕیوەو بەو ئاردەدا شوێنی دزییەکەیان برد بۆ ماڵی زەیدی کوڕی سەمین ، کاتێ ماڵەکەیان دۆزییەوە زەیـــد وتی : من ئەم ماڵەم نەهێناوە بەڵکو طوعمەی کوڕی (ابیرق) هێناویەتی داویەتە دەستم بە ئەمانەتو دوو سێ جوولەکـــەی هێنا بە شاهید لەسەر ئەم قسەیـــە ، جـــا خێڵـــی (ابیرق) جوولەکەکانیان برد بۆ لای حەزرەتو عەرزیان کرد ئەگەر تـۆ مودافەعەمان بۆ نەکەی ئەم جوولەکانە ئەم دزییە کە خۆیـــان کردوویانە ئەیخەن بەسەرماناو ئابڕووی ئێمە ئەبـــەن • وە حەزرەت (د) لـــە ئەوەڵـــەوە وا ڕۆییشتـــە دڵیەوە کـــە ئەوانـــە راســـت ئەکـــەنو جوولەکـــەکان درۆ ئەکـــەن • ویستی کـــە مودافەعە بکـا بـۆ هۆزی (ابیرق) و لـــەم ناوەدا وەحی نازڵ بوو وە دەرکەوت کە دزەکە طوعمەیە ، جـا طوعمە لە دین دەرچوو رایکرد بۆ مەکە لەوێش شەو ڕۆییشتە سەر ماڵێ بۆ دزی ، خەریك بوو دیواری ماڵەکە کونبکـــات دیوارەکە رووخا بەسەریاو بە کافری مرد •

وە لە (تاج الاصول)دا لە کیتابی تەفسیردا ئەفەرموێت : کاتێ ئەم ئایەتانە نازڵبوون بەشیر ڕۆییشتەوە بـــۆ لای موشریکەکانو دابەزی لە ماڵی (سلافە) کچی سەعدی کـوڕی (سمیة) جا ئەم ئایەتە نازڵبوو : (ومن یشاقق الرسول من بعد ما تبین له الهدی ••• الآیتان) پاش ئەوە حەسانی کوڕی ثابت هەجوی سەلافەیکرد بە چەن شیعرێ لەسەر ئەم لەخۆگرتنی بەشیرە• جا سەلافە بوخچەو کۆڵی بەشیری نابەسەریەوەو فڕێدان بـــۆ

شیویٚ ، وتی ئەمەیش خێری تۆ بوو بەشیر کە حەسسان هەجــوی کردین • ئەم شیعرانی حەسسانە دیاری تۆ بوون هێنانت بۆم •

وە پاش ئەم رووداوە هۆزی (ابیرق) دەستیان کرد بە فالەو فیلەو هاتوچۆو چپەچپکردنو واتەی پەنامەکی لەگەڵ ئەمونەودا بــە نەوعێ کە ئینسانی ناشارەزا وای ئەزانی قەضییەیەکی گەورە وا لە ئارادا لەم ئەثنادا ئەم ئایەتە نازڵبوو •

﴿ لا خَیْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ ﴾ •

هیچ سوودیکی دینیو دنیایی نیە لە زۆر لــە چپەچپو واتە بن گوێیی ئەمانەدا •

﴿ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ﴾ :

واتە لە بلاغەدا وتار داڕاوە بۆ دەفعی ڕیان یا بۆ هێنانی سوودو قازانجی دینی یا دنیایی ، کە وابێ چپەی ئەم هــۆزی (ابیرق)ە کە یەکێ لەمانەی تیا نیە بە قاطعی سوودی تیا نیە ، بەڵێ سوود وا لە چپەی ئەو کەسانەدا کە ئەمر ئەکەن بـــە صەدەقەیێ واتە بە گەیاندنی شتێکی ماددی وەکو ئاویٚ پەرگێ پارەیێ یا غەیری ئەمانە بە کەسانێ کە پێیان بشێ ، یا چپــەی کەسێ کە ئەمر بە چاکەیێ بکا، ئامۆژگارییەك بکا یا ناوبەینی خەڵك ڕێك بخا •

﴿ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً ﴾ (١١٤)

جا هەرکەسێ چپە بکا بۆ ئەمر بە صەدەقە یا ئەمر بەچاکە یا رێکخستنی میانەی خەڵك لەبەر داواخوازی رەزای خودا نەك لەبەر ئارەزوویەکی نەفسی وەیا حەزکردن لە شۆرەت وە یا شتێ کە ناشەرعی بێو بیەوێ بەم خزمەتانە پێ بگات ئەوە لە پاشـــە رۆژی نزیکدا بەجرو پاداشێکی گەورەی پێ ئەدەین •

بیماوی رازی زۆر تاریفی ئەم ئایەتە ئەکا ئەفەرموێت : بەم ئایەتە هەموو خێراتی تیایە : چونکی کردەوەی چاکە یـــا ئەیاندنی سوود بە خەڵك یا چارەکردنی زیانە وە یا ئەیاندنـــی سوودی مادییە ئەوە صەدەقەیە یا بە گەیاندنی سوودی مەعنەوییە ئەوەیش ئەمرە بە چاکە بە دەرز بە ئامۆژگاری بە تکا بە هـــەر جۆری تر ببێ وە چاری زیانیش ئیصلاحە لە ئالەما •

﴿ وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى ﴾ :

هەرکەسێ بەزانبەرگێو موخالەفەی پێغەمەر بکاو لـــە رێگەی فەرمانی ئەو لادا پاش ئەوە کە حەقی بۆ دەرکـــەوتو ریسالەی بۆ ثابت بوو بە هۆی چاوکەوتنی بە موعجیزات یا بە هۆی حالی بوونی لە دەلیلی بینباتی ریسالەت •

﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ :

وە بکەوێتە شوێنی غەیری رێگەی موسوڵمانان لە بـــیرو باوەڕاو لە پەیڕەوی پێغەمەرا (د) •

﴿ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى ﴾ :

ئەیخەینە شوێنی ئەو ڕێگـــەی گومڕاهییــــە کـــە خۆی گرتوویەتی •

﴿ ونُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾ :

وە ئەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە •

﴿ و ساءَتْ مَصِيراً ﴾ : (١١٥)

وە زۆر نابارو ناهـەموارە دۆزەخ لـــە جیهەتـــی ماواو قەرارگاوە •

بە زاهیر ئەم ئایەتە مونطەبیقە بەسەر (ابن ابیرق)دا کـە لە پاش ئیمان هێنانو مانەوە لە ناو موسوڵماناناو لە پاش ئەوە کە ریسالەتی حەزرەتی بۆ ڕووناكبووەوە ڕۆییشت لە دیـــن وەرگەڕایەوە هەتا بە کافری مرد •• هەروا شامیلە بۆ هەمـــوو کەسێ کە لەپاش دەرکەوتنی ڕێگەی ڕاست لە دینی ئیسلام لائەداو ئەکەوێتە دووی خەیاڵاتی فاسیدە ـ پەنابەخودا ـ ئەوە ماوای ئاگری دۆزەخە • هەروا دەرئەکەوێ لەم ئایەتەوە وەکو لادان لە فەرمانی حەزرەت (د) ئەبێ بەهۆی ئەوە کابرا بڕواتە ئاگـــری دۆزەخ لادان لە بیرو باوەڕی کۆمەڵەی موسوڵمانان خواهـ لـــە ئیعتیقادا یا لە ئەحکامی عەمەلییەدا خواه مەنصـــوصە یـــا موستەنبەطە بێ هەموو ئەبێ بە هـــۆی چوونەئاگـــری دۆزەخ کەوابێ دەرئەکەوێ کە ئیجماع واتە یەكکەوتنی زانا بـــەرزە بەڕێزەکانی ئیسلام لەسەر هەر حوکمێ هەبوو ئەبێ بە دەلیل بۆ باقی موسوڵمانان ؛ چونکە ڕێگەیموسوڵمانان هەرچەن هەموو

رێگەیی : ئیعتیقادیو ، عەمەلیو ، مەنصووصو موستەنبەط ،
ئەگرێتەوە بەلام زۆر ئاشکرایە نابێ لەرێگەی موسولمانـــان
رێگەی حوکمە مەنصووصەکان بگرین : چونکە بەر ئیتیباعـــی
رەسوول ئەکەوێ ، وە ئەم رێگە ئەبێ رێگەی ئیستینباطاتی ئەوان
بێ لە پاش وەفاتی حەزرەت (د) وە دیارە نابێ لەو موسولمانانە
نەزانەکان یا زانا داوانبارەکان مەقسەد بێ ، بەلکو ئەبێ زانـــا
بەرزە بەرێزەکان کە پایەیان لە ئیسلاما دیارە وە ئەوانەیش هەر
موجتەهیدەکانن کە پێویستە عادلو عالمو دارای هێزی ئیستینباط
بن • مادام وابوون فەرموودەیان نەبێ ئیعتیماد بداتە ســـەر
ئیستینباط لە سەنەدێ وە دەلیلێ لە ئایەت یان لـــە فەرموودەی
پێغەمەر (د) وە ئیمامی شافیعی (خ) ئەم ئایەتەی کردووە بـــە
دەلیلی ئیستیدلال بە ئیجماعی ئیمامانی دین • وە ئەو کەسانە
کە موخالیفی هاتنەجێگەی ئیجماعن قسەکەیان بـــێ قیمەتـــە :
چونکی شەرع دوورە لە فەلسەفەو وردەکاری فەلاسیفە وە لەسەر
ظاهیر ئەڕوا ، کەوابێ یەکێ حەقی نیە لەم مەوزووعـــەدا بلێت
چۆن ئیجماعی عالمان دێتەجێ لەگەڵ دووری جێگەیانو جیاوازی
رەغبەتیان ؟ چونکی بەمە بۆ عالمی زانای دین کە خودا ئەمـری
پێ بکا بە خزمەتی ئیسلامو ئیرشادی موسولمانان ئیتر داعـیو
باعیثی تری ناوێ بۆ ئەوە بیربکاتەوە لە کیتابو ســـــوننەتو
ئەحکام وەربگرێ لێیان وە کاتێ رووداوێکی وەها بووبێ لەناو
موسولمانانا وە لە مەکەدا یا لە مەدینەدا قەرەبالغی عالمەکـــــان
بڕیاری شتێکیان دابێو ئێمە موخالیفمان بۆ مەعلووم نەبـــێ

ئەڵێین ئەوە (ئیجماع)ە • بەڵـــێ وەکـــو ئیمامـــی ئەحمەد فەرموویەتی عیبارەتی (لم نسمع خلافا) باشترە لــــە (اجمعت الامة)وە سالمترە •

وەلحاصڵ مادام تابیعبوونی غەیری ڕێگەی ئەوان حەرام بێ ئەبێ پێویست بێ ئینسان تابیعی ڕێگەی ئەوان بێ ، وە مەعلوومە تابیعبوونی ڕێگەی یەکێ لەوان واجب نیە وەکو تابیعبوون بــە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی تایبەتی • کەوابو مەقسەد تابیعبوونە بــە ڕێگەی هەموویان‌و ئەمە تابیعبوونە بە ئیجماع • هەروا لــــەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ مادام تابیعبوون بە مەجموعەکەیان ڕێگەی موسوڵمان بێ ئەبێ لە کاتی ئیختیلافدا تابیعبوون بە ڕێگـــەی زورەی ئەو کۆمەڵەزۆرە بەجێتر بێ لە تابیعبوون بە ئەقەلییەت‌و کۆمەڵەی کەم • وە لەسەر ئەم ئەساسەیە کە تابیعبوون بـــــــە (سەوادی ئەعظەم) لە فەرموودەی حەزرەتا ئەمری پــــێکراوە هەتا ببێ بە سەرمەشق بۆ موسوڵمانان •

★ ★ ★

﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ﴾ :

بە ڕاستی خودای تەعالا صەرفی نەظەر ناکا لەوە کـــــە شەریکی بۆ قەدار بدرێ ، وە چاوپۆشی ئەکا لە غەیری ئەوە لە باقی گوناحەکان بۆ هەرکەس خواستی ببێ •

﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴾: (١١٦)

وه هەرکەسێ شەریكو هاوڕێ قەرار بدا بۆ خودا ئەوه به ڕاستی له ڕێگه دەرچووەو ڕێگەی ڕاستی گومکردووەو زۆر دوور کەوتووەتەوه له ڕێگەی ڕاست ٠

لەسەر فەرموودەی ئیمامی ڕازی سیرڕی دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەته ئەمەیه که ئایاتی وەعدو وەعید یانی ئایاتی وادەی خێرو هەڕەشەکردن دژی یەکترن‌و خودا قەت ئایەتێکی له ئایاتی وەعید دووباره نەکردووەتەوه به عەینی لەفظ ٠ جا ئەم ئایەتی وەعدەی دووباره کردەوه بۆ دەلالەت لەسەر ئەوه که خـــــودا ڕەحمەتی له غەزەبی زۆرترەو خودا حەز له عەفوو چاوپۆشـی ئەکا ٠ وه له لایەکی تریشەوه بۆ ئیشارەته بۆ لای ئەوه ئەگـەر طوعمەی کوڕی ابیرق به دزییەکەی دەسبەردار ببوایێ خــودا عەفوی ئەکرد . وه لەبەر ئیرتیدادو کوفرەکەی خودا دەری کـرد له ڕەحمەتی خۆی ئەگەرنا عەفوی خودا زۆر گوشاده ٠

ڕیوایەتکراوه له حەزرەتی عەلی (ك)وه هیچ ئایەتێ لـه قورئانا لەم ئایەته مەحبووبتر نیه له لای من ٠ وه ڕیوایەتکراوه له ئەبوهورەیرەوه (خ) ئەڵێ : کاتێ ئایەتی (ومن یعمل سـوء یجز به) نازڵ بوو ئەصحابەکان زۆر له لایان گـــــران بوو ؛ چونکی کەس نیه کاری گوناحی نەبێ ، وه باسی ئەم ئایەتەیان کرد لەلای حەزرەتا (د) (فقال : قاربوا وسددوا ففي كل مـــا يصيب المؤمن كفارة حتى الشوكة يشاكها او النكبة ينكبها ٠ وفي رواية : هذه معاتبة الله العبد فيما يصيبه من الحمى والنكبـــة حتى البضاعة يضعها في كم قميصه فيفقدها فيفزع لها،حتى ان العبد

ليخرج من ذنوبه كما يخرج التبر الاحمر من الكير • روى هـذه الثلاثة الترمذي الاول بسند غريب والاخرين بسندين حسنين) •

﴿ إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلاَّ إِنَاثاً ﴾ :

ئەم موشریکانە عیبادەت ناکەن بۆ غەیری خودا مەگەر بـۆ چەن مەعبوودێکی مێچکە ؛ چونکی عیبادەتی ئەو بتانەیان ئەکرد وەکو لاتو عوززاو مەنات کە ناوەکانیان لەسەر زمانی عەرەبی (مؤنث)ە بە تیێ تەئنیث یا بە هۆی ئەلفی ئاخرەوە ، یـــا عیبادەتیان بۆ ئەو بتانە ئەکرد کە خۆیان ئەیانتاشین و لەبـــەر دەستیانا کەوتبوون . وەیاخود عیبادەتیان بۆ مەلائیکە ئەکردو مەلائیکە ئەگەرچی نە نێرن و نە مێ بەڵام لە زمانی عەرەبا بـــە (مؤنث) ئەژمێررێن •

﴿ وَإِنْ يَدْعُونَ إِلاَّ شَيْطَاناً مَرِيداً ﴾ : (١١٧)

وە عیبادەت ناکەن بە هۆی عیبادەتی بتەکانەوە ئیللا بـــۆ شەیتانی لە فەرمان دەرچوو ؛ چونکە عیبادەتیان بۆ بتەکان لەسەر ئەمری شەیتانە ، کەوابێ لە حەقیقەتا عیبادەتی شەیتان ئەکەن •

﴿ لَعَنَهُ اللهُ وَقَالَ : لأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيباً مَفْرُوضاً ﴾ : (١١٨)

وە وتوویەتی بێگومان : من وەرئەگرم لە بەندەکانی تـۆ ئەی خودا بەشێکی وا کە بڕیاردراوە بۆ من بە واجبی •

﴿ وَلأُضِلَّنَّهُمْ وَلأُمَنِّيَنَّهُمْ ﴾ :

وە سوێند ئەخۆم کە ئەبێ لە ڕێگە لایان دەمو ئەبێ ئارەزوو

هەوای بەتاڵو پڕوپووچ بهاوێمە ناو دڵیانەوە هەتا بە هۆی ئەو هەواوە هەموو شتێکی بەسوودو عیبادەتی مەعبوودی حەقیان لەبیر بچێتەوە ·

﴿ و لآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذانَ الأنْعامِ ﴾ :

وە فەرمان ئەدەم بەو بەندە گومڕاهانە باگوێچکەی وشترو گاو مەڕو بزن شەق بکەن بۆ نیشانە لەسەر حەرامکردنیان بەبێ ئەمری خودا ·

﴿ و لآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللهِ ﴾ :

وە سوێند ئەخۆم کە ئەمر ئەکەم بەو بەندە گومڕاهانە بـا شێوەو صوورەتی مەخلووقی خودا بگۆڕنو لەسەر وەزعی خۆیان نەمێنن · پێیان ئەڵێم گوێی حەیوان ببڕنو بیانخەسێننو چاوی وشتری فەحلی گەورە دەربێننو خاڵ بکوتن لەسەر لووتو لێوو دەمو چاوو دەستو پێو ، دانیان تیژ بکەنو ئەو شێوە کـە پێغەمەران لە لایەنی خوداوە هێناویانە لە ئەدەب بیگۆڕن · وە مووی بێگانە بلکێنن بە سەری بێتووکەوەوە داخی نابارو ناهەموار بنێن بە ئەعزای گیانلەبەرا ··· وە ئەمانە هەموو گوناحـی گەورەن · هەروا دەرهێنانی موو لە روخساری پیاوانو ژنان بە تایبەتی ئەگەر بۆ دەسبڕینی خەڵکی بێ مەئەلا · ئەلحاصـڵ هەرچی گۆڕینێ لە دینی ئیسلاما دامەزرابێ وەکو خەتەنەکردن ، بەرتاشین ، بەرسمێڵکردن ، مووی بنباڵ هەڵکەندن ، نینۆك کردن ··· هەموو ئەمانە باشەو لە سوننەتی ئیسلامە ما باقـی

لەبەر ناچاری نەبێ یا لەبەر تەشویهی شێوە نەبێ حەرامە ·

﴿ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيّاً مِنْ دُونِ اللهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَاناً مُبِيناً ﴾ : (١١٩)

وە هەرکەسێ شەیتان بکا بە دۆستی خۆیو دوور بکەوێتەوە لە دۆستی خودا ئەوە بە راستی زیانی کردووە لە کارو کەسبی بیرو باوەڕو کردەوەی خۆیا بە زیانێکی ئاشکرا ·

﴿ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُوراً ﴾ : (١٢٠)

چونکی شەیتــان وەعدەیان پــێئەداو ئارەزووی نابارو پڕوپووچ ئەهاوێتە دڵیانەوە بۆ ئەوە کە گومڕایان بکـــا . وە شەیتان وەعدەیان پێ نادا ئیللا لە بۆ ئەوە کە مەغرءوریان بکاو بە ناحەق بایی ببن لە خۆیان ·

﴿ أُولَئِكَ مَأْوِيهُمْ جَهَنَّمُ ﴾ :

ئەم کەسانە کە بەهۆی شەیتانەوە بایی ئەبن جێگەو ماوای پاشەڕۆژیان دۆزەخە ·

﴿ وَلاَ يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصاً ﴾ : (١٢١)

وە شوێنی فیرارو قەرارگایان دەست ناکەوێ هەتا لە دۆزەخ دەرچنو رابکەن بۆ لایو لە ناویا ئارام بگرن · واتە ناتوانــن دەرچن لە دۆزەخ بە هیــچ نەوعـــە وەسیلەیێو بـــە هیـــچ یارمەتیدەرێ ·

﴿ والَّذينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْري مِنْ تَحْتِهَا الا نْهارُ خالِدِين فِيهــــا أبَــداً ﴾ :

وه ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی جـــوان ئەکەن بە یاسای دینی ئیسلام لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەیانهاوێمە بەهەشتەوە ، ئەو بەهەشتەی کە لە ژێری دارەکانیەوە جۆبار دەرئەچێ‌و حاڵیان وایە کە بە دەوام ئەمێننەوە لەو بەهەشتەدا هەتا هەتایە ٠

﴿ وَعْدَ اللهِ حَقّاً ﴾ :

خودا وەعدەی داوە پێیان‌و ئەو وەعدە هەیە بە راستی ٠

﴿ ومَنْ أصْدَقُ مِن اللهِ قيلاً ؟ ﴾ : (١٢٢)

ئەوە کێیە راستتر بێ لە خودا لە خوصووصـــی وتارەوە ؟ حاشا کەس راستتر نیە لە خودای تەعالا لە وتارا ٠

فەرموودەی خودا (لیس بامانیکم ٠٠٠ الایة)

ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەتی کردووە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) ئەڵێ : جوولەکەو گاور داوایان وابوو ئەیانوت : غەیری ئێمـە کەس ناچێتە بەهەشتەوەو ئێمە ئاگری دۆزەخ لێمان نادا ئیلـلا چەن رۆژێکی کــەم ٠ وە قورەیش ئەیانوت : ئێمـە هــەر زیندووناکرێینەوەو حسێبمان لەگەڵدا ناکرێ ! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ٠

وه ئیبن‌و جه‌ریر ریوایه‌تی‌کردووه له قه‌تاده‌وه که گه‌لێ له یه‌هوودو گه‌لێ له نه‌صاراو گه‌لێ له موسوڵمانان دانیشتبوون له شوێنێکاو خه‌ریکی به‌یان‌و ده‌ربڕینی فه‌خری خۆیان بوون · جا کیتابیه‌کان له یه‌هوودو نه‌صارا وتیان بـــه موسوڵمانه‌کان : پێغه‌مه‌ری ئێمه له پێش پێغه‌مه‌ری ئێوه‌دا هاتووه‌و کتێبی ئێمه له پێش کتێبی ئێوه‌دا بوو که‌وابێ ئێمه موسته‌حه‌قترین لـــه ئێوه به ره‌حمه‌تی خودا ! وه موسوڵمانه‌کانیش وتیان : پێغه‌مه‌ری ئێمه خاته‌می پێغه‌مه‌رانه‌و کتێبی ئێمه حاکم‌و فه‌رمانڕه‌وایـــه به‌سه‌ر کتێبه‌کانی ئێوه‌دا · جا خودا ئه‌م ئایاته‌ی نازڵکـــردو فه‌رمووی :

﴿ لَيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ ﴾ :

ئه‌وابی خوداو چوونه‌به‌هه‌شت‌و پارازراوی له دۆزه‌خ بـــه ئاره‌زووی ئێوه نیه ئه‌ی موسوڵمانه‌کان وه به ئاره‌زووی ئه‌هلی کیتابیش نیه ، به‌ڵکو ئه‌مانه یه‌که‌م به فه‌زڵی خودایه‌و دووه‌م به ئیمانی خاڵص‌و کرده‌وه‌ی چاکی پاکه ·

﴿ مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ ﴾ :

ئه‌ینا هه‌رکه‌سێ کرده‌وه‌یه‌کی خراپ بکا جه‌زای ئه‌درێته‌وه له‌سه‌ری ·

﴿ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾ : (١٢٣)

وه که‌س ده‌ستی ناکه‌وێ له لای غه‌یری خوداوه دۆســـتێ فریای بکه‌وێ‌و یارمه‌تیده‌رێ یارمه‌تی بدا ·

﴿ وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ ﴾ :

وه هەرکەسێ کردەوەی لە کارە هەموارە باشەکان بـــێ ـ پیاو بێ یا ژن ـ وەلحاڵ کە ئیماندارێکی ساغ بێ ·

﴿ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴾ : (١٢٤)

ئەوانە ئەچنە بەهەشتو ستەمیان لێناکرێ بە قەی ئـــەو نوختە وا لە پشتی ناوکە خورماوە ·

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ ، وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ؟ ﴾ :

ئەوە کێیە ئەو کەسەی کە جوانتر بێ لـــە خوصووصـــی دیانەتەوە لەو کەسەی کە رووی خۆی کردبێ بۆ لای خودای خۆی وەلحاڵ خودای بەیەك بزانێو کەوتبێتە شوێن دینـی تەوحیدی حەزرەتی ئیبراهیمو لایدابێ لە شتی بەتاڵ بۆ لای شتێ کـــە کەماڵ بێ ؟

﴿ وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا ﴾ : (١٢٥)

ئەگەر نازانن کە ئیبراهیم کێیە بزانـــن خودای تەعـالا ئیبراهیمی کردووە بە خەلیلو دۆستی خۆی · ئیبنو عەباس (خ) فەرموویەتی مەبەس لەم (من اسلم وجهه)ە ئەبوبەکری صدیقە (خ) ·

﴿ وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ﴾ :

هەر بۆ خودایە بە موڵك‌و بـــە سولطان هەرچـــی هەیە لـــە ئاسمانەکانداو هەرچی هەیە لە عەرزا ٠

﴿ وكانَ اللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطاً ﴾ : (١٢٦)

وە خودای تەعالا موحیطە بە هەموو شتێکا ، یانی دەستەڵاتی هەیە بەسەر هەموو کائیناتا ٠ کەوابێ خۆشەویستی ئیبراهیمی خەلیلی لەبەر ئەوە نەبووە کە خودا موحتاج بێ بە شتێ تا موحتاج بێ بە ئیبراهیم بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە ئیبراهیم (د) حەقی عوبوودییەت‌و بەندەیی خودای بە ساغی بەجێ‌هێناوەو خودایش لەسەر سوننەت‌و یاسای خۆی ئەوی خۆش‌ویستووە ٠

فەرموودەی خودا (ويستفتونك في النساء ٠٠٠)

ئیمامی بوخـــاری ریوایەتی‌کردووە لـــە عائیشەوە (خ) فەرموویەتی : وا ئەبوو پیاوێ کچێکی هەتیوی لەلا ئەبوو وە ئەو پیاوە خوێن‌ڕەس‌و کاربەدەستی کچەکە ئەبوو وە ئەو کچە ماڵێکی بە میرات بۆ هاتبوایەوە لە باوکی تێکەڵی ماڵی ئەم کاربەدەستە ئەبوو جا لەبەر ماڵەکەی نەیئەدا بەشوو هەتا ئەو کچە داماوە ئەمرد ٠ جا پرسیارکرا لە حەزرەت لەم رووەوەو خـــودا ئـــەم ئایەتەی نازڵ‌کرد ٠

﴿ ويَسْتَفْتُونَكَ في النِّساءِ ، قُلِ : اللهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ ، وَما يُتْلَى عَلَيْكُمْ في الكِتابِ في يَتامَى النِّساءِ الّتي لا تُؤْتُونَهُنَّ ما كُتِبَ لَهُـــنَّ وتَرْغَبُـــونَ أنْ

تَنْكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَنْ تَقُومُوا لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ • وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيماً ﴾ : (١٢٧)

لەم شوێنەدا چەن شتێ بزانن :

یەکەم : ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بە هۆی پرسیاری کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمەر (د) لە کارو باری ژنانو لە میراتیانو غەیری ئەمانە • وە بازێ لەوانە لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە بەیانکراون ، وە بازێکیان ماون لەمەولا بەیان ئەکرێن •

دووەم : تەرکیبی ئەم ئایەتە وەهایە کە واوی (ومایتلی) عەطفی (ما) ئەکاتەوە بۆ سەر (الله)و (في یتامـــی النساء) مەربووطە بە (یتلی علیکم) و (والمستضعفین) عەطفە لەسەر (یتامی النساء) ، (وان تقوموا) پاش بوونی بە مەصـــدەر عەطفە لەسەر (المستضعفین) •

جا مەعنای ئایەتەکە ئەبێ بەمە : داوای فتواو بەیانـــی ئەحکامت لێ‌ئەکەن لە ژنانا تۆ لە جوابیانا بڵێ : خودا فەتواتان بۆ ئەداو ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە لە قورئانا لە ئەووەڵـــی سوورەتەکەوە فەتواتان بۆ ئەدا • ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە لە بەیانی ئەحواڵی هەتیوە بێ باوکەکانو لەو ژنانە کە پێتـــان نەئەدان ئەو مارەییە بۆیان نووسراوە یا ئەو میراتە کە بۆیان نووسراوە ، وە ئارەزوویشتان بوو لەوەدا کە مارەیان بکەن ، یا

خۆتان مەنعئەکرد لەوە کە مارەیان بکەن ٠ وە فەتواتان بۆ ئەدا ئەو ئایەتانە کە ئەخوێنرێنەوە بەسەرتانا لە باسی حاڵو حوکمی میراتی ئەو منداڵە هەتیوە زەعیفانە وە لە باسی راوەستان بۆ ئیدارەیان بە عەدالەتو دادگەری ٠ وە ئەو ئایەتانە کە خوێنرانەوە بەسەریانا لە هۆی کچەهەتیوەکانو منداڵە وردەکانەوە لەسەر ئەم ریزە کە دیت ٠

١ ـ (وآتوا اليتامى اموالهم ولا تتبدلوا الخبيث بالطيب ولا تأكلوا اموالهم الى اموالكم انه كان حوبا كبيرا) (٢) النساء

٢ ـ (وآتوا النساء صدقاتهن نحلة فان طبن لكم عن شيء منه نفسا فكلوه هنيئا مريئا) (٤) النساء ٠

٣ ـ (ولا تؤتوا السفهاء اموالكم التي جعل الله لكم قياما وارزقوهم فيها واكسوهم وقولوا لهم قولا معروفا) (٥) النساء ٠

٤ ـ (وابتلوا اليتامى حتى اذا بلغوا النكاح فان آنستم منهم رشدا فادفعوا اليهم أموالهم ولا تأكلوها اسرافا وبدارا ان يكبروا) (٩) النساء ٠

٥ ـ (ان الذين يأكلون أموال اليتامى ظلما انما يأكلون في بطونهم نارا وسيصلون سعيرا) (١٠) النساء ٠

٦ ـ (يوصيكم الله في اولادكم للذكر مثل حظ الانثيين فان كن نساء فوق اثنتين فلهن ثلثا ما ترك فان كانت واحدة فلها النصف) (١١) النساء ٠

٧ ـ (يا أيها الذين آمنوا لا يحل لكم ان ترثوا النساء كرها ولا تعضلوهن لتذهبوا ببعض ما آتيتموهن) (١٩) النساء ٠

وە غەیری ئەم ئایەتانەیش لەوانە کە باسی ئەحواڵی ژنان ئەکا وەکو ئایاتی ئەواخیری سوورەی نیساء ٠

فەرموودەی خودای تەعالا (وان امرأة خافت ٠٠ الاية)

ئەبوداودو حاکمو ترمذی ریوایەتیانکردووە لە عائیشەوە (خ) فەرمووی : سودەی کچی زمعە بیمی بوو کە حەزرەت (د) تەڵاقی بدا کاتێ کەوتە ساڵەوە وتی بە حەزرەت (د) : رۆژەکەی من بۆ عائیشەو حەزرەت قەبووڵی کرد ٠ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ٠

وە سەعیدی کوڕی مەنصوورو ئیمامی شافیعیو بەیهەقی ریوایەتیان کردووە لە سەعیدی کوڕی (مسیب) کە کچی محەمەدی کوڕی مسلمە لە لای رافیعی کوڕی خەدیج بوو ، ئەویش تۆزێ حەزی پێنەدەکرد ، سا لەبەر پیری یا لەبەر هەرچی، وە ویستی تەڵاقی بدا ، ئەویش پێیوت : تەڵاقم مەدەو لە نۆبەی نوستنا چی بڕیار ئەدەی بۆم باشە ٠ وە ئەم ئایەتە نازڵبوو ئەوانیش لەناو خۆیانا باش رێکەوتن ٠

وە ئیبنو جەریر ریوایەت ئەکا لە سەعیدی کوڕی جوبەیر (خ) کاتێ ئەم ئایەتە نازڵبوو وتی بە مێردەکەی ئەمەوێ کە نەفەقەم بۆ بڕیار بدەی ، وە لەوەبەر حەزی ئەکرد کە

رای‌بگرێ تەڵاقی نەداو کابرا نەیێتە لای ٠ جـــا خودا ئەمــەی نازڵ کرد : (واحضرت الانفس الشح) ٠

وە بوخاری‌و موسلیم ریوایەتیان‌کردووە لە عائیشەوە (خ) : ئەم ئایەتە نازڵ بووە دەرحەق بە ژنێ کە مێردەکەی زۆر مەیلی نەبوو لەگەڵیاو ئەیویست جیابێتەوە لێی ، بەڵام لەبەر سابیقــە ئولفەت وە یا لەبەر ئەوە کە منداڵی هەبوو حەزی نەدەکرد کــە تەڵاقی بدا ٠ جا ژنەکەی پێی‌ئەوت : تەڵاقم مەدەو لەلای خــۆت دام‌بنێ گەردنت ئازاد بێ لە حوقووقی قەسمی من‌و ئەم ئایەتــە نازڵ‌بوو ٠

ئیحیتیمالی هەیە هەموو ئەم هۆیانە هاتبنەجێ ، وە مانیــــع نیە ؛ چونکی موعارەضەی یەکتر ناکەن ٠ وە خودا فەرمووی :

﴿ وَاِنِ امْرَاَةٌ خافَتْ مِنْ بَعْلِهــا نُشُــــوزاً اَوْ اِعْراضاً ﴾ :

ئەگەر ژنــێ ئەترسا لەوە کـــە مێردەکەی بــــە یەکجاری دووربکەوێتەوە لێی وە یاخود جار بەجارێ ئیعراضی لێ‌بنــــێ‌و موبالاتی پێ‌نەکا ٠

﴿ فَلا جُناحَ عَلَيْهِما اَن يُصْلِحا بَيْنَهُما صُلْحاً ﴾

ئەوە گوناحیان لەسەر نیە لەوەدا کە ناوبەینی خۆیــــان چاك‌بکەن‌و لەگەڵ یەکا رێك‌بکەون لەسەر قەرارو بڕیاری ئەوە کە ژنەکە لە بازێ مارەییەکەی یا لە هەمووی یاخود لە نۆبــــە نوستنەکەی لەگەڵیا دەست‌هەڵبگرێ ٠

﴿ والصُّلْحُ خَيْرٌ ﴾ :

وه ڕێکەوتنیان‌و مانەوەیان بەیەکەوە باشترە لە جیابوونەوەیان نەخوازەڵڵا ئەگەر ئەو ژنە منداڵی لە کابرا ببێ، وە یاخود ماوای باشی نەبێ بۆ ژیان‌و گوزەرانی ، وە لەبەر جوانی ریعایەتی حەقی صوحبەت‌و ئولفەتی سابیقەو بەستنی دەمی خەڵك لە واتەی بێ‌سوودو لەبەر بەهێزکردنی دۆستی لەگەڵ خزمەکانیاو لەبەر شتی تر غەیری ئەمانە ٠

﴿ وأُحْضِرَتِ الأَنْفُسُ الشُّحَّ ﴾ :

وە لە خیلقەت‌و دروستکردنی غەریزەی ئادەمیدا نفووسی ئینسان حازرو ئامادەکراوە بۆ بوخل‌و بۆ ئەوە خۆ نەدات بەدەستەوە لە چاوپۆشی‌کردن لە ماڵدا ٠ کەوابێ ئەگەر یەکێ لەم ژن‌و پیاوە ملەجڕێ بکاو لەسەر ماڵەکەی قسە بکاو چاوپۆشی بکەن ٠ ماڵ خۆشەویستەو تەماع وا لەولای ئەرواحەوە ٠

﴿ وإِنْ تُحْسِنُوا وتَتَّقُوا فَإِنَّ اللهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾ : (١٢٨)

وە ئەگەر رەفاقەت‌و میانەتان باش بکەن لەگەڵ ژنەکانتاناو خۆتان بپارێزن لە جیابوونەوەیان بزانن کە بە راستی خودای تەعالا ئاگادارە لەسەر کردەوەی ئێوە جەزاتان بە باش ئەداتەوە ٠

﴿ ولَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ ولَوْ حَرَصْتُمْ ﴾ :

ئێوه قــەت ناتوانن کــە موساواتو هاومیزانی بکـــەن
له ظاهیرو باطینا لەگەڵ ژنەکانتانا هەرچەن زۆر مەیلێکـــی
گەرمتان ببێ لەسەر ئەو هاوکێشیه ؛ چونکی ئینسان وەکـــو
ناتوانێ مەنعی چاو بکا لە دیتنو مەنعی گوێچکە بکا له بیستن
ناتوانێ مەنعی دڵیش بکا لە زیادەخۆشویستن بۆ ژنێ لەو ژنانه
که له جەمالا یا له کەمالا بەرز بێ • بۆیه حەزرەت (د) نۆبـەی
رائەگرت له بەینی حەرەمەکانیاو ئەیفەرموو : (هذا قسمي في ما
أملك فلا تؤاخذني فيما تملك ولا املك) واته : خودایا ئەمــه
نەوبەکاری منه لەناو ژنەکانما به قەی ئەونه دەســـتم ئەڕواو
ئەتوانم ئیتر موئاخەزەم مەکە لەو شتەدا که تۆ دەستت ئـــەڕوا
بەسەریاو من دەستم ناڕوا بەسەریا •

﴿ فَلا تَمِيلُوا كُلَّ المَيْلِ فَتَذَرُوها كالمُعَلَّقَةِ ﴾

بەڵام لامەدەن له ریعایەتی عەدڵو دادگاری له ناویانـــــا
بەلادانێکی تەواو هەتا ژنەکانتان وا لێبکەن وەکو ژنێ که نـه
مێردی هەبێو نه تەڵاق درابێ • بەڵکو ئەگەر لاتان دا له حەق
با لادانێکی کەم بێ • (فان ما لا يدرك كله لا يترك كلـــه) •
ریوایەتکراوه له حەزرەتەوه (د) : (من كانت لـــه امرأتان يميل
مع احداهما جاء يوم القيامة واحد شقيه مائل) •

﴿ وإنْ تُصْلِحوا وتَتَّقُوا فَإنَّ اللهَ كانَ غَفُـــوراً
رَحيماً ﴾ : (١٢٩)

جا ئەگەر چاكبکەنەوه ئەو خراپەیه کردووتانەو ئیتـــر

خۆتان بپارێزن له پاشه‌وه‌ختیشا له‌و خراپه پێشووتانه ئــه‌وه خودا صه‌رفی نه‌ظه‌رکاره‌و میهره‌بانه ٠

﴿ وإنْ يَتَفَرَّقا يُغْنِ اللهُ كُلاًّ مِنْ سَعَتِهِ ﴾ :

وه ئه‌گه‌ر ئه‌و پیاوو ژنه جیاببنه‌وه له‌یه‌ك ئه‌وه خـــودای تەعالا هه‌ردووکیان بێ‌ئیحتیاج‌و بێ‌مه‌به‌س ئه‌کا له‌وی دی ٠

﴿ وكانَ اللهُ واسِعاً حكيماً ﴾ : (١٣٠)

وه خودای ته‌عالا خاوه‌ن ویسعــه‌ت‌و ده‌ســـت رۆیشتووه‌و خاوه‌ن حیکمه‌تیشه له هه‌موو کارێك له کاره‌کانیدا ٠

﴿ وللهِ ما في السَّموات وَما في الارْضِ ﴾ :

بۆ خودایه‌و به‌س هه‌رچی وا له ئاسمانه‌کاناو هه‌رچی وا له عه‌رزا ٠

﴿ ولَقَدْ وَصَّيْنا الَّذين أوتُوا الكِتابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وإيَّاكُمْ أنِ اتَّقُوا اللهَ ﴾ :

وه به راستی ئێمه ئامۆژگاری ئه‌وانه‌مـــان کردووه کـــه کیتابیـــان پێدراوه لـــه پێش ئێوه‌دا وه ئامۆژگاری ئێوه‌یشمان کردووه که له خودا بترسن‌و خۆتان له نافه‌رمانی بپارێزن ٠

﴿ وإنْ تَكْفُرُوا فَانَّ للهِ ما في السَّموات وَمـــا في الارْضِ وكانَ اللهُ غَنِيّاً حَمِيداً ﴾ : (١٣١)

وه ئه‌گه‌ر کوفری خودا بکه‌ن ئه‌وه بزانن که خودا خاوه‌نی هه‌رچییه له ئاسمانا هه‌یه‌و له عه‌رزا هه‌یه‌و خودا ده‌وڵه‌مه‌نده‌و حه‌مد کراوه له‌سه‌ر هه‌موو نیعمه‌تێ ٠

﴿ وَلله ما في السَّموات وَما في الاَرْض وكَفى باللهِ وَكيلاً ﴾ : (١٣٢)

هەر بۆ خودایە هەرچی وا لە ئاسمانەکانو هەرچی وا لـە عەرزاو بەسە خودای تەعالا بۆ ئەوە ببێ بە وەکیلو (معتمد عليه) بۆتان ٠

﴿ اِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ ـ اَيُّها النَّاسُ ـ وَيَأْتِ بِآخَرِينَ ﴾ :

خودا ئەوەندە خودایەکی تەوانایە ئارەزوو بکا ئێوە لائەبا لەبەر چاوا ، ئەی ئادەمیزاد ، وە کۆمەڵێکی تر دێنێ ٠

﴿ وكانَ اللهُ عَلَى ذَلِكَ قَدِيراً ﴾ : (١٣٣)

وە خودای تەعالا قادرو تەوانایە لەسەر ئەوە کە ئێوە لاببا و کۆمەڵێکی تر دابنێ لە جێگەی ئێوەدا ٠

لەم ئایەتەدا هەڕەشە هەیە بۆ ئەو کەسانە کە کاری خەڵکی وا لە دەستیاناو تەماشایان ناکەن ٠ ئەفەرمۆیت : ئەونەی پێ ناچێ ئێوە لائەبەم وەکو چەن جار ئەم نەوعە ئاڵوگۆڕەمان چاو پێکەوتووە ٠

﴿ مَنْ كانَ يُرِيدُ ثَوابَ الدُّنْيا فَعِنْدَ اللهِ ثَوابُ الدُّنْيا والآخِرَةِ ﴾ :

واتە : هەرکەسێ کە دڵخوازی هەر سوودی ژیواری دنیایەو هەر داوای ئەوە ئەکاو بە شوێنی ئەوا ئەگەڕێ ئەوە زۆر کاری نابار ئەکا ؛ چونکی خودای تەعالا خێری دنیاو قیامەتی لەلایە ،

ئەیجا بۆچی داوای خێـــری دنیاو ئاخیرەت ناکا ؟ بـــا داوای هەردووکیان بکاو بە صیدقی دڵ بڵێت : (ربنا آتنا في الدنيـــا حسنة وفي الآخرة حسنة) ·

﴿ وَكانَ اللهُ سَمِيعاً بَصِيراً ﴾ : (١٣٤)

وە خودای تەعالا شنەواو بینایە ، ئاگای لە وتارو کـــردار هەیە ·

فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا كونوا قوامين ··· الآية)

ریوایەتکراوە لە (سدی) ئەڵــێ جـــارێ دەوڵەمەندێو فەقیرێ نیزاعێکیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت (د) ئەویش کـــە تەماشای کردن وا حاڵی بوو کە حەقی فەقیرەکەیە ؛ چونکی فەقیر ناتوانێ ســتەم بکــا لــە دەوڵــەمەند (مــع انــه) حــەق لەلای دەوڵەمەندەکەدا بوو · جا ئەم ئایەتە نازڵبوو فەرمووی :

﴿ يا أَيُّها الَّذينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَداءَ للهِ وَلَوْ عَلــى أَنْفُسِكُــمْ أَوِ الوالِدَيْــنِ والأَقْرَبِينَ ﴾ :

ئەی کەسانێ ئیمانتان هەیە هەمیشە بەدەوامو پایەدار بـن لەسەر عەدالەت تێکۆشن بۆ تەرویجی حەقو شاهید بن لـــەبەر رەزای خودا لەسەر حەق ، هەرچەند ئەو شەهادەتی ئێوە لەسەر زیانی خۆتان یا باوكو دایکتان یا خزمو خوێشی زۆر نزیکتـــان بێ ·

﴿ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللهُ أَوْلَى بِهِما ﴾ :

وه ئەو کەسە کە شەهادەتەکەی لەسەر ئەدرێ دەوڵەمەنـد بێ یا گەداو لات بێ ئێوە لە حەق لامەدەن بۆ کەسیان ؛ چونکی خودای تەعالا نزیکترە لە چاودێری ئەوانە لە ئێوە . ئێوە مەڵێن: ئەو کەسە گەدایە با ئێمە هەر لای ئەو بگرین ؛ چونکی وا نەبێ حەق وا لەلای دەوڵەمەندەکـــە ، وە یـــا مەڵێن : ئەو کەســـە دەوڵەمەندە با ئێمە حورمەتی بگرین ئیحتیرام وا لە حورمەتـــی حەقدا .

﴿ فَلا تَتَّبِعُوا الهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا ﴾ :

مەکەونە شوێنی ئارەزووی نەفس ، نەکا لادەن لە حەق .

﴿ وإن تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا ﴾ :

وە ئەگەر زمانتان پێچبدەنو لای بدەن لە ئەدای حەق ، وە یا هەر ئیعراض بنێن لە ئەدای شەهادەتو حەق ون بکەن .

﴿ فَإِنَّ اللهَ كانَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾ : (١٣٥)

ئەوە بە راستی خودای تەعالا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن .

فەرموودەی خودا (يا أيها الذين آمنوا آمنوا بالله .. الاية)

بەغەوی‌و واحیدی ریوایەتیان کردووە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) ئەڵێ : موسوڵمانەکانی ئەهلی کیتاب هاتن بـــۆ حوزووری حەزرەت (د) وە ئەوانیش عەبدوڵڵای کوڕی سەلام‌و رەفیقەکانی

بوون• وتیان: یا رەسولەڵلا ئێمە ئیمانمان هەیە بە تۆو بەو کتێبە هاتووەتــە خوارەوە بۆتو ئیمانمان هەیە بە موساو تــەوراتو عوزەیر ئیتر باوەڕ ناکەین بە هیچ کەسو بە هیچ کتێبێ غەیری ئەمانە • جا حەزرەت فەرمووی : وانابێ پێویستە ئیمان بێنــن بە منو کتێبەکەم کە قورئانە ، وە بە هەموو پێغەمەرانــــی پێشووو بە کتێبەکانیان . جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو خــودا فەرمووی :

﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِــنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴾ : (١٣٦)

واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە من ئەبــــێ ئیمانەکەتان وابێ کە خودای تەعالا ئیعتیباری پێ بکا ، وە ئەگەر ئەتانەوێ لەو ئیمانە تێبگەن پێتان ئەڵێم : ئیمان بێنن بە خودای تەعالاو بەو پێغەمەرەی کە ئیستە بانگتان ئەکا بۆ تەوحیــدی خوداو بەو کتێبەیش کە خودا نازڵی کردووە بۆ سەر پێغەمەرەکەیو بە جینسی ئەو کتێبەیش کە خودا لەمەوپێش ناردوونی بــــۆ پێغەمەرانی خۆی لە ئادەم هەتا پێش دەوری خاتەم ، وە هەرکەسێ ئینکاری خودا بکا یا ئینکاری مەلائیکەتەکانی بکا یا ئینکـــاری کتێبەکانی بکا یا ئینکاری پێغەمەرەکانی بکا ، هەموویان یـــا یەکێکیان ، وە یا ئینکـــاری رۆژی قیامەتو زیندووبوونەوەی

مردووانو گردکردنەوەیانو حسێبیانو ئەنجـــامی دۆزەخو بەهەشتیان بکا ئەوە بە راستی دوورکەوتووەتەوە لە رێگـــەی حەقو ونبووە بە ونبوونێکی دوور لە رێگەی راست •

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُـــمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا ﴾ : (١٣٧)

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێنا لەبەر چاواو لـــە پاش ئەوە کوفریان ئیختیار کرد بە سیڕڕیو پەنامەکیو لـــە پاش ئەوە دووبارە هاتنەوە ئیمانیان هێناوە بە ظاهیرو لە پاش ئەم ئیمانە دووبارە کافربوونەوەو لە پاش ئەمەیش لە پایەکانی کوفرا سەرکەوتن ، یانی وەختی خۆی کوفرەکەیان هەر لە دڵــی خۆیانا بوو بەڵام پاش ماوەیێ خەڵکیشیان بانگ ئەکرد بـــۆ کافرێتی •• ئەمانە خودا لەوانە نیە کە لێیان خۆش ببـــێو لەوانەیش نیە کە شارەزایان بکا بۆ رێگەی رزگاری : چونکی بە هۆی وەرگەڕانو هەڵسووڕانی زۆر لە ئیمانەوە بۆ کوفرو لـــە کوفرەوە بۆ ئیمان ئەمە لە دڵیانا دامەزراوە کە ئیسلامیـــەت واقیعی نیەو هەر بۆ ئەوە ئەشێ کە گاڵتە بکەن بـــە خاوەن دەعوەتەکەیو لە روویا ئیسلامیەت دەربخەنو لە پشتەوە بڕۆنەوە بۆ سەر کوفرەکەی خۆیان ، جا کە دڵی ئینسان وای لێ‌هات ئەوە ئەو دڵە زایە ئەبێو ئیتر مایەی ئیمان وەرناگرێ هەتا بـــە بێ‌ئیمانی ئەمرێ •

﴿ بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًـــا ﴾ : (١٣٨)

واته : ئەوانە بائیمانکردن منافق بوون . وە موژدە بــدە پێیان کە عەزابێکی زۆر سەختیان هەیە ٠

﴿ الَّذينَ يَتَّخِذُونَ الْكافِرينَ أَوْلِياءَ مِنْ دُونِ المُؤْمِنِينَ ﴾ :

ئەو کەسانە کە کافرەکان ئەکەن بە دۆستی راستی خۆیان ئەبن بە هاوڕازیانو ئەیانکەن بە مەحرەمی ئەسرارو ئەیانکــەن بە پەناو دالدە بۆ کاتی هاتو هاوارو حــەز ئەکەن بــە نەمانی موسوڵمانەکانو سەرکەوتنی ئەوان ٠

﴿ أَيَبْتَغُونَ عِنْدَهُمُ العِزَّةَ ؟! ﴾ :

بۆچی وا ئەکەن خۆ بە یارمەتی ئەوان نازیــن ؟ ئــــەی عەجەبا سەربەرزیو عیززەتو پایەدارییان ئەوێ لە تێکەڵــی ئەوان ! ئەگەر ئەمەیە بە هەڵەدا چــوون عیززەت لـــەوانەوە دەس ناکەوێ ٠

﴿ فَإِنَّ العِزَّةَ للهِ جَمِيعاً ﴾ : (١٣٩)

عیززەت بە هەر مەعنایەکی مەرغووب مەعنای لێبدەیتەوە هەر بۆ خودایە هەمووی ، وە هەر لە پرتەوی خواستی خوداوەیە، ئەگەر یەکێ بەشی لەو عیززەتە دەسبکەوێ ٠ کەوابێ بـــە راستیو دڵێکی پاك بێن پاڵبدەنەوە بە جانیبی خوداوە لەم هاتو هووتەیان گەلێ باشترە ٠

﴿ وقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ في الكِتابِ أَنْ إِذا سَمِعْتُمْ

آيات اللهِ يُكْفَرُ بِها ويُسْتَهْزَأُ بِهـا فَـلا تَقْعُدُوا مَـعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا في حَدِيثٍ غَيْرِهِ ﴾ :

ئێوه به راستی ئەزانن که خودا له قورئانی خۆیا بڕیاری داوەو ئەو حوکمەیشی ناردەخوارەوە بۆ ئێوه کاتێ بیستتان ئەو کافرانه گاڵته ئەکەن به ئایاتی خوداو کوفری خۆیان دەرئەبڕن بەرابەر بەوانه ئیتر دامەنیشن لەگەڵیاناو گوێمەگرن لەو واته بێشەرمانه که ئەیکەن بەرابەر به کتێبی خوداو ئایەتی ، با وا نەزانن ئێوەیش له تاقمی ئەو کافرانەن هەتا ئەکەونه باسێکی تر غەیری باسی قورئانو دین ٠

﴿ إنَّكُمْ إذاً مِثْلُهُمْ ﴾ :

ئەگەر ئێوه له ناویانا دابنیشنو تەقریری ئەو بێشەرمی ئەوانه بکەن لەم کاتەدا دەرئەکەوێ که ئێوەیش لەوانن‌و بە نیفاق دێنەوە بۆ ناو موسوڵمانان ٠ جا پێتان ئەڵێم :

﴿ إنَّ اللهَ جامِعُ المُنافِقِينَ والكافِرِينَ في جَهَنَّمَ جَمِيعاً ﴾ : (١٤٠)

خودای تەعالا ئێوەو کافرەکانو منافقەکانو جوولەکەکان هاومل ئەکا له دۆزەخا هەمووتان به یەکەوە عەزاب ئەدا ٠ ئەم ئایەتانه هەموو لەگەڵ منافقەکانه ، جـا خودای تـەعالا روو ئەکاتەوە بەلای موسوڵمانەکاناو ئەفەرموێت :

﴿ الَّذينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ ﴾ :

ئەو منافقانه که خۆیان ئەگرنو چاوەڕێی رووداو ئەکەن لەسەر ئێوه ٠

﴿ فَإِنْ كانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِنَ اللهِ قالُوا : أَلَمْ نَكُنْ مَعَكُمْ ؟ ﴾ :

جا ئەگەر خودا فەتح‌و نەصرەتێکی ئێوەی داو فەتحێکتان بۆ هات لە لایەنی خوداوە منافقەکان ئەڵێن : ئایا ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نەبووین ؟

﴿ وإنْ كانَ لِلْكافِرِينَ نَصِيبٌ قالُوا : أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُمْ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ؟! ﴾ :

وە ئەگەر بۆ کافرەکان بەشێکی بێبایەخ دەسکەوت لە وەزعێ کە ظاهیرەن بە نەصرەت دابنرێ منافقەکان ئەڵێن : ئایا ئێمە نەبووین بە هۆی بەرزی ئێوەو باڵمان نەکێشا بەسەرتاناو نەمانپاراستن لە موسوڵمانەکان بە پڕوپاگەندەو بە دیعایە ؟!

﴿ فَاللهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيامَةِ ﴾ :

جا بزانن ئەی موسوڵمانەکان خودا حوکم ئەدا لە بەینی ئێوەو ئەو منافقانەدا لە ڕۆژی قیامەتا لەسەر ئەم وەزعە پیسەیان‌و لەسەر ئەم گاڵتە لەسەر دووگوریسەیان‌و لەسەر ئەم لە ناڵ‌و بزمار دانەیان ؛ چونکی خودا ڕاستەو ڕاستی ئەوێ‌و نیفاق پەستی ئەخلاقەو خودا شتی پەستی ناوێ ·

﴿ وَلَنْ يَجْعَلَ اللهُ لِلْكافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً ﴾ : (١٤١)

وە خودای تەعالا بە قەطعی بڕیار نادا بۆ کافران لەسەر موسوڵمانانی ساغی وەها لەسەر یاسای فەرمانی خودا دەوام بکەن

هیچ دەلیلێو هیچ حوججەتێکـــی بەهێزو هیچ نەصرەتێکـــی دامەزراو ، وە هەرچی بەسەر موسوڵمانانا دێ لە کزبوونیان بە دەستی کافرانەوە بە هوێ ئەوەوەیە کە موسوڵمانان بێ‌سـەرو سامانن‌و بێ یاساو نیظامن‌و دینیان بۆ ژین ئەوێ‌و ژینیان بـۆ عیززەتی دین ناوێ • جا خودای تەعالایش وەها کزیان ئەکا لە بەردەستی کافرانا ، ئەگەر ئەمان زاناو تەوانا بوونایێ دائیماو هەمیشە بەهێزو تەوانا ئەبوون •

﴿ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ ﴾

بە راستی منافقەکان لەبەر ئەوە کە باوەڕیان نیە بە خودا حیلەو فێڵ ئەکەن لەگەڵ پێغەمەری خوداداو **لەگەڵ** موسوڵمانانا‌و خودای تەعالا لەبەر ئەوە بە هەموو کارو بارێکیان ئەزانـــێ موعامەلەتێکیان لەگەڵا ئەکا وەکو موعامەلەی کەسێ کە فێڵ بکا لەگەڵ کەسێکا ، ئەوەتە جارجار ئەیانخاوێنێ‌و بازێ جـــــار ئەیانلاوێنێ تا بە جارێ ئەیاندا بە عەرزا •

﴿ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَوٰةِ قَامُوا كُسَالَىٰ ﴾ :

وە نیشانەی ئەو منافقانە ئەوەتە کاتێ هەڵئەستن بۆ نوێژ بە تەمەڵی‌و نابەدڵی راست ئەبنەوە •

﴿ يُرَاءُونَ النَّاسَ ﴾ :

بۆ ئەوە نوێژ ئەکەن کە خەڵکی چاوی لێیانەوە بێ‌و بـــە موسوڵمانیان بژمێرن •

﴿ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ : (١٤٢)

وه ناوی خودا نابەن‌و تەقدیسی ناکەن‌و تەرغیبی خەڵـــك ناکەن لەسەر عیبادەت مەگەر جاربەجار ئەویش کاتی ئاگـــاداری موسوڵمانەکان •

﴿ مُذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ ﴾ :

هاتوچۆ ئەکەن لە بەینی ئەو ناوبراوانەدا کە دوو بەشن : بەشی کافرو ، بەشی موسوڵمان •

﴿ لاَ إِلَى هَؤُلاءِ وَلا إِلَى هَؤُلاءِ ﴾ :

وە بە راستی ناڕۆن بلکێن بە کافرەکانەوە ؛ چونکی ئەوان کیتابین‌و ئەمان موشریکن ، وە لە واقیعا ئەوانیشیـــان ناوێ ؛ چونکی ئەزانن مانەوەی ئەوان لە ئەنجاما زیانە بۆ ژیانی خۆیان، وە بە راستی روو ناکەنە موسوڵمانەکانیش ؛ چونکی باوەڕیان بە دینی ئیسلام نیە •

﴿ وَمَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً ﴾ : (١٤٣)

ئەمانە خودا گومڕای کردوون لەسەر بەدڕایی خۆیان ، وە هەرکەسێکیش خودا گومڕای بکا لەسەر بەدڕایی قەت رێگـــەی رزگاریت دەس‌ناکەوێ بۆی •

﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاتَتَّخِذُوا الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ئێوەیش

وەکو منافقەکان مەکەن‌و قەت کافرەکان مەکەن بە دۆست • نـە کافری موشریك‌و نە کیتابی‌و نە منافق (رەش هەر رەشە) •

﴿ أَتُرِيدُونَ أَنْ تَجْعَلُوا لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا مُبِينًا ؟ ﴾ : (١٤٤)

ئایا ئەتانەوێ کە قەرار بدەن بۆ خودای تەعالا بەسەر خۆتانا حوججەت‌و دەلیلێکی ئاشکرا وەکو هاوڕێیی کافرەکان بـێ ؟

﴿ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ ﴾ :

بە راستی منافقەکان وان لە پایەی هەرەخـواری دۆزەخ‌و جێگەی ئاگرا •

﴿ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴾ : (١٤٥)

وە قەت تۆ یارمەتیدەرێ نابینی بۆیان کە رزگاریان بکا لە ئاگری دۆزەخ •

﴿ إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَاعْتَصَمُوا بِاللَّهِ وَأَخْلَصُوا دِينَهُمْ لِلَّهِ ﴾ :

مەگەر ئەوانەیان کە پەشیمان‌ئەبنەوە لە کوفرو نیفـاق‌و ئیمان دێنن بە ئیمانێکی راساڵ‌و ئەو کردەوە خراپانە کـە زوو بوویان ئەیگۆڕن‌و چۆن فەرمانی حەزرەت بێ وەها رەفتـار ئەکەن‌و دەست ئەگرن بە خوداوەو دین‌و بـیرو باوەڕو کردەوەو رەوشتی خۆیان ساف ئەکەن لە گەردو تۆزی ناهەموار •

﴿ فَأُولَئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ :
جا ئەوانە لەم کاتەدا لەگەڵ موسوڵمانەکانان ٠

﴿ وَسَوْفَ يُؤْتِ اللهُ الْمُؤْمِنِينَ اجْرًا عَظِيمًا ﴾ : (١٤٦)

رە خودا لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەجرێکی گەورە ئەدا بە موسوڵمانەکان ٠

﴿ ما يَفْعَلُ اللهُ بِعَذابِكُمْ اِنْ شَكَرْتُمْ وامَنْتُمْ ؟ ﴾ :

خودای تەعالا چی ئەوێ لە عەزابدانی ئێوە ؟ ئایا رقێکی لە دڵدایە هەتا بە ئازاردانی ئێوە ئاساییشی بۆ بێت ؟ یا ئێوە ئەتوانن زیانی لێ بدەن هەتا بە ئازاردانی ئێوە دەفعی زیان لە خۆی بکا ؟ وە یا سوودێکی دەستئەکەوێ هەتا لە تەعزیبی ئێوەدا سوودێ وەربگرێ ؟ حاشا وە کەللا ! ئەمانە هیچیان نیەو خودا نە باکی لە کەس هەیەو نە موحتاجە بە کەس ، بەڵکو ئەوەندە هەیە بڕیاری داوە کە بەدئەندیشیو بەدکاری ئادەمیزادی کردووە بە سەبەبی عادەتی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانە ٠

﴿ وكانَ اللهُ شاكِراً عَلِيماً ﴾ : (١٤٧)
وە خودا بووەو لایەزال قەبووڵ ئەکا عەمەلی کەم مادام پاك بێ ، وە زانایە بە ئەحواڵی ئادەمیزاد ٠

فەرموودەی خودا : (لا یحب الله الجهر بالسوء) :

ریوایەتکراوە : شەخسێ رۆیی بوو بە میوانی قەومێ

ئەوانیش جێگەیان نەکردەوە . جا کابرا بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە قرەقرو رۆیشت لە خزمەتی حەزرەتا شکاتی کرد لێیان • جا ئەم ئایەتە نازڵبوو • فەرمووی :

﴿ لا یُحِبُّ اللهُ الجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ القَوْلِ اِلاَّ مَنْ ظُلِمَ ﴾ :

خودا حەزناکا لە دەنگ و وتاری بەرز کە ئینسان قسەی خراپ بکاو خەریکی دوژمنایەتی قەومێ بێ ئیللا بۆ کەسێ ئەبێ ئە ستەمکار ستەمی لێ کردبێ •

﴿ وکانَ اللهُ سَمیعاً عَالیِما ﴾ : (١٤٨)

وە خودای تەعالا زانایە بە ئەحواڵ و بیسەرە بۆ هەموو وتارێ •

﴿ اِنْ تُبْدُوا خَیْراً اَوْ تُخْفُوهُ اَوْ تَعْفُوا عَنْ سُوءٍ فَاِنَّ اللهَ کانَ عَفُوّاً قَدیراً ﴾ : (١٤٩)

ئەی موسوڵمانەکان ئەگەر خێرێ لە کردەوەی خۆتانا دەربخەن وە یا وونی بکەن یا کەسێ عەفو بکەن لە تاوانێ ، وە لە کارێ یا وتارێکی خراپ ئەوە ئیشێکی واتان کردووە خودا حەزی لێ بکا : چونکی خودا گوناهبارەکان عەفو ئەکا لەگەڵ ئەوەیشا ئەتوانێ عەزابیان بدا • کەوابێ هەرکەسێ کاری باش بکا خودا خێری پێ ئەداو پێی خۆشە •

﴿ اِنَّ الَّذینَ یَکْفُرُونَ بِاللهِ وَرُسُلِهِ ﴾ :

ئەو کەسانە کە ئینکاری خوداو رەسوولی خودا ئەکەن •

﴿ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ ﴾:

وە ئەیانەوێ کە خوداو رەهبەران لە یەك جیابکەنەوە ، یانی باوەڕیان بە خودا ببێو باوەڕیان بە پێغەمەران نەبێ •

﴿ وَيَقُولُونَ : نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ ﴾ :

وە ئەڵێن : ئێمە ئیمانمان هەیە بە بازێکیانو ئیمانمان بە بازێکیان نیە •

﴿ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً ﴾ (١٥٠)

وە ئەیانەوێ کە رێگەیێ بدۆزنەوە لە بەینی ئیمان بە جەمیعی ئەوەی کە ئیمان واجبە بۆیی‌و کوفر بە هەموو ئەوانەو یمان بە بازێو کوفر بە بازێ بکەن •

﴿ أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقّاً ﴾ :

ئەوانە کافری راستەقینەن •

﴿ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً مُهِيناً ﴾ : (١٥١)

وە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکان عەزابێکی وا کە تەحقیریان بکا •

﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ أُولَئِكَ سَوْفَ يُؤْتِيهِمْ أُجُورَهُمْ ﴾ :

ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هەیە بە خوداو پێغەمەری خوداو جیایی ناخەن لە ناویانا ئەبەدا ، بەم نەوعە ئیمان دێنن بە هەموویان ·· ئەمانە لە موستەقبەلی نزیکدا خودا ئەجرو جەزایان ئەداتەوە ·

﴿ وكَانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ : (١٥٢)

وە خودا گوناهـبەخش‌و میهرەبانە بۆ هەموو کەسێ مادام شەریك قەرار نەدا بۆی ·

فەرموودەی خودا (يسئلك أهل الكتاب ···)

ئیبن‌و جەریرو (ابن المنذر) ریوایەتیان کردووە لە ئیبن‌وجورەیجەوە ئەڵێ : یەهوودو نەصارا وتیان بە حەزرەت : ئیمانت پێ ناهێنین هەتا کتێبێکمان بۆ نەیەنی لە لای خوداوە، یاچەن پەڕەی نووسراو لە ئاسمانەوە بۆ لای فلان کە تۆ پێغەمەری خودای ! جا ئەم ئایەتە نازڵبوو فەرمووی :

﴿ يَسْئَلُكَ أَهْلُ الكِتابِ أَنْ تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتاباً مِنَ السَّماءِ ﴾ :

واتە : ئەهلی کیتاب داوا ئەکەن لە تۆ کە کتێبێ لە ئاسمانەوە بێنیتە خوارەوە بۆ سەر ئەوان ·

﴿ فَقَدْ سَأَلُوا مُوسى أَكْبَرَ مِنْ ذَلِكَ ﴾ :

تۆ لەم داوای ئەمانە دامەمێنە ، ئەمانە داوایان کرد لە موسا شتێکی گەورەتر لەوەی کە داوای ئەکەن لە تۆ ·

﴿ فَقَالُوا : أَرِنَا اللهَ جَهْرَةً ! ﴾ :

وتیان : خودامان نیشان بده به ئاشکرا که هەموومان چاومان پێی بکەوێ ! ئیتر ئەیان ئەوت خودایێ که مادەیەکی نەبێ چۆن بۆ ئەوان ئەبینرێت !

﴿ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ بِظُلْمِهِمْ ﴾ :

جا تریشقەیی لە ئاسمانەوە هات و ئەوانی گرت و کوشتنی بە هۆی ئەو داوا نابارە ناهەموارەوەو بە هۆی ئەم ستەمکاریەوە ئەوان داوای شتێکی وایان کرد .

﴿ ثُمَّ اتَّخَذُوا الْعِجْلَ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ ﴾ :

وە لە پاش ئەوە کە ئەو قەومە بە صاعیقەمردووەمان زیندووکردەوە ، بە داوای موسا ، چاوپۆشیم کرد لێیان ، پاش ماوەیێ هاتن گوناحێ تریان کرد کە ئەوەبوو گوێرەکەیان پەرست پاش ئەو هەموو موعجیزاتە کە هاتەلایان و ئاگادار بوون بەسەریانا ، وەکو : رزگاربوونیان لە دەریای نیل ، وەکو ئەو موعجیزاتی عەصاو یەدی بەیضایە کە موسا ئیظهاری کردن .

﴿ فَعَفَوْنَا عَنْ ذَلِكَ ﴾ :

وە لەمەیش عەفوم کردن .

﴿ وآتَيْنَا مُوسَى سُلْطَاناً مُبِيناً ﴾ : (١٥٣)

وە دامان بە موسا تەسەلوطێکی ئاشکرا بە سەریانا کە

ئـــەمری پێ‌کردن خـــۆیان بکوژن لـــە جەزای جەریمـــەی گوێرەکەپەرستیدا ٠

﴿ ورَفَعْنا فَوْقَهُمُ الطُّورَ بِمِيثاقِهِمْ ﴾ :

وە کێوی طوورمان بەرزکردەوە بە راسەریانا بۆ ئەوە کـە بترسن لە خودا بە هۆی شکاندنی پەیمانەکەیانەوە ؛ چونکـــی وەختی خۆی عەهدیان کردبوو کە رەفتار بکەن بە تەوراتو لـە پاش هاتنی تەورات رەفتاریان پێ نەکرد ٠

﴿ وقُلْنا لَهُمُ : ادْخُلُوا البَابَ سُجَّداً ﴾ :

وە پێمانوتن : برۆن داخلی دەرگای (مسجد الاقصی) ببن لە حاڵێکا سوجدە ببەن بۆ خودا ٠ ئەمانەم پێ‌وتن لەسەر زمانی موسا ٠

﴿ وقُلْنا لَهُمْ : لا تَعْدُوا في السَّبْتِ ﴾ :

وە لەسەر زمانی داود پێم‌وتن : کە تەجاوز مەکەن لە ئەمری خودا لە رۆژی **شەمەدا** ٠

﴿ وأخَذْنا مِنْهُمْ مِيثاقاً غَلِيظاً ﴾ : (١٥٤)

وە پەیمانێکی گەورەیشمان وەرگرت لێیان بۆ رەفتار بـەو فەرمانانە کە لە لایەنی ئێمەوە گەیشتووە پێیان بـــە هـــۆی پێغەمەرەکانیانەوە ٠

﴿ فَبِما نَقْضِهِمْ مِيثاقَهُمْ وكُفْرِهِمْ بِآيـــاتِ اللهِ ﴾ :

جا له بەر ئەوە کە پەیمانە گەورەکەیان هەڵوەشاندەوەو حورمەتی شەمەیان شکاندو لەبەر ئەوە کە ئیظهاری کوفریان کرد بەو موعجیزاتە کە خودا دابوونی بە موسا •

﴿ وقَتْلِهِمُ الأَنْبِياءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ﴾ :

وە لەبەر کوشتنی پێغەمەرەکانیان وەکو حەزرەتی زەکەریاو یەحیا بە ناحەق •

﴿ وقَوْلِهِمْ : قُلُوبُنا غُلْفٌ ﴾ :

وە لەبەر ئەو قسەیە کە ئایانوت : دڵی ئێمە وا لە نـــاو پەردەیەکدا کە مانیعە لە وەرگرتنی قسەی ئێوە •

﴿ بَلْ طَبَعَ اللهُ عَلَيْها بِكُفْرِهِمْ فَلا يُؤْمِنُونَ إلاَّ قَلِيلاً ﴾ : (١٥٥)

بەڵکو خودا مۆری ناوەتە سەر دڵیان لەبەر ئەو کوفـــرو ناباریو ناهەمواری ئەخلاقییانە کە ئیمان نایەنن ئیللا چەنـــد کەسێکیان وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو رەفیقەکانی •

﴿ وَبِكُفْرِهِمْ ﴾ :

وە بە هۆی کوفریان بە عیسا (د) •

﴿ وقَوْلِهِمْ عَلى مَرْيَمَ بُهْتاناً عظِيماً ﴾ : (١٥٦)

وە لەبەر ئەوە کە قسەی ناڕەوایان دروست کرد بە بوختان بەسەر حەزرەتی مەریەمدا بە بوختانێکی گەورەی ناڕەوا لە بەر ئەوە لە ئەساسا ئەو ژنە لەسەر نەزری دایکیو دڵخوازی خزمەتی

(بيت المقدس) خودا پێی دا • وه له ژیانیا به چاودێری پووریاو به ئیدارەی یەکێ له پێغەمەران له ناو میحرابی (بيت المقدس)دا لەسەر عیبادەتو طاعەت پێگەیشت ، وه کاتێ که منداڵەکەیشی لێبوو ئەو منداڵە چەن (خرق العادة)ی لێدەرکەوت وەکــو قسەکردنو دڵخۆشیدانەوەی دایکیو ئەمری راکێشانی لقــی دارخورمای بچووکی وا که کاتی ئەمەری‌نەبێ وه راکێشــانو داوەرانی خورما لەو دارە • وه وەکو قسەکردنی لەگەڵ ئــەو کەسانەدا که پرسیاریان‌کرد له دایکی به قسەکردنێکی بــەرزو لەسەر موستەوایەکی بڵند •

﴿ وقَوْلِهِمْ : إنَّا قَتَلْنا المَسيحَ عيسى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللهِ ﴾ :

وه به هۆی ئەو واته درۆیشەوه که وتیان : ئێمه مەسیــح عیسای کوڕی مەریەممان کوشت •

﴿ و ما قَتَلُوهُ وَما صَلَبُوهُ وَلكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ ﴾

وەلحاڵ نەیان‌کوشتبوو وه هەڵیان‌نەوەستبوو بەڵام شەبەهـو هاوشەکلێ واقیــع بووبوو لــه بەینی حەزرەتی عیســاو کوژراوەکەدا •

﴿ وإنَّ الّذينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفي شَكٍّ مِنْهُ ﴾ :
وه به راستی ئەو کەسانەی که ئیختیلافیان کەوته ناو لــه خوصووصی حەزرەتی عیساوه بازێکیان وتیان : ئەگەر ئــەم کوژراوه عیسایه رەفیقەکەی خۆمان له کوێیــه ؟ وه ئەگـــەر

ڕەفیقەکەی خۆمانە عیسا لە کوێیە ؟ وە بازێکیان وتیان : ڕوخسار ڕوخساری عیسایە بەڵام لەشەکەی ئەو لەشە نیە •

﴿ما لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ﴾ :

هیچ نەوعە عیلمێکیان نیە بە عیسا (د) وە بە مانی نەمانی ئیللا شوێنکەوتنی گومان نەبێ •

﴿وَمَا قَتَلُوهُ يَقِيناً﴾ : (١٥٧)

وە بە قەطعی ئەم کۆمەڵی یەهوودە عیسایان نەکوشتووە بە یەقین •

﴿بَلْ رَفَعَهُ اللهُ إِلَيْهِ﴾ :

بەڵکو خودای تەعالا بەرزیکردەوە بۆ مەقامی کەرامـەتو ئیعتیبارێکی وەها شیاو بێ لە بۆ شانی عیسا (د) وەکو ئاسمان بـــێ •

﴿وكانَ اللهُ عَزِيزاً حَكِيماً﴾ : (١٥٨)

وە لە واقیعا خـــودا ئەزەلەنو ئەبەدەن غاڵبە بەســـــەر ئیختیارکراوی خۆیدا ، چی ئیختیار کرد ئەیکاو خاوەن حیکمەتە لە هەموو شەئنێکدا ، سەلبەنو ئیجابەن •

﴿وإِنْ مِنْ أَهْلِ الكِتابِ إِلاَّ لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ﴾ :

وە هیچ ئەهلی کیتابێ لە یەهوودو نەصارا نیە ئیللا ئیمان دێنێ بە عیسا (د) لە پێش مردنی عیسادا لەو چەرخەدا کـــــە

دێتەخواردوە لە ئاسمانو حەرب ئەکا لەگەڵ دەججالداو دەججال ئەکوژێو رەفتار ئەکا بە دینی ئیسلام وەکو موجتەهیدێ لە موجتەهیدانی دین •

﴿ ويَوْمَ القيامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً ﴾ : (١٥٩) :

وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەبێ بە شاهید لەسەریان شەهادەت ئەدا لەسەر یەهوود بە تەکزیبی ئەنبیاو کردەوەی ناهەسوارو لەسەر نەصارای پاش رەفعی خۆی بە گۆڕینی قانوونی تەوحیدی (رب العالمين)و لەسەر ئەهلی کیتابی پاش نوزوولیش بە ئیمانو ئەحوالیان •

لەم شوێنەدا دوو قسە هەیە :

یەکەم : موافیقی ظاهیری قورئانی کەریمو فەرموودەکانی حەزرەت (د) حەزرەتی عیسا نەکوژراوەو هەڵنەوەسراوەو خودای تەعالا بە قودرەتو تەوانای خۆی بەرزیکردووەتەوە بۆ مەقامێ لە ئاسمان کە ئیرادەی کردووەو بەو شێوە خودا ئەیەوێ ئەمێنێتەوە تا کاتێ کە بە ئەمری خودا دێتەخوارەوەو لە پاش ماوەیێ ئەمرێو دەفن ئەکرێ • ئەمما ئەوە کە نەکوژراوەو هەڵنەوەسراوە ئەوە خودا ئەفەرموێت : (وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم) وە ئەم ئایەتە نەصە لەوەدا کە حەزرەتی عیسا نەکەوتووەتە دەستی دوژمنەکانو خودا فەرموویەتی : (بل

رفعه الله اليه) ئەمەیش نەصـــە لەوەدا کـــە خـــودا بەرزی کردووەتەوە بۆ ئەو شوێنە ئیرادەی کردووە ، وە هەم خـــودا ئەفەرموێت : (وما قتلوه يقينا) واتە : بەیەقینو (عیلم اليقين) بزانن کە جوولەکەکان نەیانکوشتـــووە ، یانـــی (يقينـــا) مەربووطە بە نەفیەکەوە ، یانی یەقین نەکوژراوە وە ئەو مەعنا کە ئەڵێن (يقينا) مەربووطە بە فیعلەکەوە یانی کوشتنی یەقینی نەبووە بۆ عیسا بەڵکو کوشتنی ظەننی بووە ، ئەوە هەرچەنـد زیانی نیە بۆ مەبەستی ئێمە بەڵام مەعنایەکی لاوازە ٠

وە دەلیلی ئەوەیش کـــــە لە ئاخری زەمانا دێتەخوارەوە ئایەتو حەدیثە ٠ ئەمما ئایەت ئەوە فەرموودەی خودا کـــــە فەرمویە : (وان من أهل الكتاب الا ليؤمنن به قبل موتـه) ؛ چونکی مەوضووعی بەحث حەزرەتی عیسایە ، کەوابێ مەعناکەی وایە کە ئەهلی کیتاب نیە ئیللا ئیمان دێنێ بە عیسا لـە پێش مردنی عیساداو مەبەس ئەهلی کیتابی زەمانـــی حەزرەتـــی عیسایە پاش هاتنەخوارەوەی کە ئەهلی کیتاب یا بە چاو ئەیبینن وە یا بە شێوەی تەواتورو قەطع مەعلوومیان ئەبێ کە وا لـــە عەرزا ٠

وە ئەمما فەرموودەی حەزرەت (د) ئەوە زۆرە (من جملة) بوخاریو موسلیمو ترمذی ریوایەتیان کردووە لـــە ئەبـــو هورەیرەوە (د) (عن ابي هريرة عن النبي صلى الله عليه وسلم : والذي نفسي بيده ليوشكن ان ينزل فيكم ابن مريم عليه السلام حكما مقسطا فيكسر الصليب ، ويقتل الخنزير ، ويضع الجزية،

ويفيض المال حتى لا يقبله احد حتى تكون السجدة الواحدة خيرا من الدنيا وما فيها . ثم قال ابو هريرة : فاقرؤا ان شئتم : « وان من أهل الكتاب الا ليؤمنن به قبل موته ويوم القيامة يكون عليهم شهيدا » . وروي الزهري عن سعيد بن المسيب عن ابي هريرة عن النبي صلى الله عليه وسلم انه قال : لينزلن ابن مريم حكما عدلا فليقتلن الدجال ، وليقتلن الخنزير ، وليكسرن الصليب ، وتكون السجدة واحدة لله رب العالمين . ثم قال ابو هريرة : اقرؤا ان شئتم : « وان من اهل الكتاب الا ليؤمنن به قبل موته » قال ابو هريرة قبل موت عيسى يعيدها ثلاث مرات » .

وه مەعنای (وتكون السجدة واحدة لله رب العالمين) یانی له پێش ئەو رۆژەدا له عەرزا دوو سوجده براوه : یەکێ بۆ خودای تەعالا که سوجدەی ئەهلی تەوحید بووه ، دووەم بۆ شەریکەکان له لایەنی ئەو کافرانەوه که موشریك بوون . بەلام لەو رۆژەدا که عیسا دێتەخوارەوه سوجده یەك سوجده ئەبێ واته هەر بۆ خودای تەعالا (وحده لا شريك له) . جا ئەو کەسانه که ئەلێن نەبراوه بۆ ئاسمان وه له عەرزا وەفاتی کردووەو دەفن کراوه مادام باوەڕی به قورئانو حەدیث ببێ ناتوانێ قسەی وا بکا ؛ چونکی ئایەت نەصە لەوەدا که نەکوژراوەو هەڵنەوەسراوه ، وه ئایەتو حەدیث ئەڵێن له رۆژی خۆیا دێتەخوارەوه . وه ئەگەر ئیستیدلال به ئایەتی (ياعيسى انى متوفيك ورافعك الي) ئەکا ئەوه جوابی ئەوەیه مادام ئایەت نەص بوو لەوەدا که نەکوژراوەو هەڵنەوەسراوه ئەبێ مەعنای

(اني متوفيك) ئەوەبێ کە وەرتئەگرم وە لە واقیعا خـــودا وەری‌گرتو بە جازیبەی قودسی بەرزی‌کردەوە بۆ ئەو شوێنـــە ویستوویەتی ، وەکو حەزرەتی محەمەدی (د) لە مەکەوە برد بۆ (بیت المقدس) و لەوێوە بەرزی کردەوەو میعراجی پێ‌کردو هێنایە خوارەوە لە شەوێکا • خودا عەینی خودایـــەو قودرەت عەینی قودرەتەو نابێ مەعنای (اني متوفيك) ئەوەبێ کـــە ئەتمرێنم ، لەبەر ئەوە کە (متوفی) وەکو بە مەعنای (ممیت) هاتووە بە مەعنا وەرگریش هاتووە وەکو لە ئایەتی (هو الذي يتوفاكم بالليل ويعلم ماجرحتم بالنهار) وە وەکو ئایەتی (الله يتوفى الانفس حين موتها والتي لم تمت في منامها) • وە لەفز کە دوو مەعنای ببێو قەرینەی موئەییدە بەڵکو قەرینەی قەطعیە لەسەر یەکێ لەو دوو مەعنا ببێ ئەوە نابێ مەعنای دووهەمـــی لێ بگیرێ •

وە ئەگەر ئەساسی قسەی موعاریض لەسەر ئەوەیە کـــە دوورە ئینسانێ ببرێ بۆ ئاسمانو لەوێ بمێنێو بژێ •• ئەوە جوابەکەی ئەوەیە : ئەووەلا ئیستیعباد نابێ بە دەلیـــــل ، وە ثانیا حەزرەتی عیسا تەکوینو مانەوەی‌و ئاثاری هەموو خیلافی عادەتو موعجیزە بوو ، ئەوەتە کە بەبێ باوك پەیدا بووە وە کە لە دایك داکەوت قسەی لەگەڵ دایکیا کرد ، وە کاتێ خەڵـك هاتن بۆ سەر مەریەم (د) پرسیاری ئەم منداڵەیان کرد عیســـا کەوتە وتارو قسەی لەگەڵدا کردنو ، فووی ئەکرد بە طەیری قوڕینەدا حەیاتی تێ ئەچوو وە ئەفڕی ، وە بەڵەكو کوێـــری

مادەرزادی خۆش ئەکردەوەو مردووی زیندوو ئەکردەوە ‥ با ئـــەم موعجیزەی بەرزەوەبوونەیشی بڕواتـــە لای باقـــی موعجیزەکان .

قسەی دووەم : ریوایەت‌کراوە کۆمەڵێ جوولەکە چـــوون گەلێ بێ‌شەرمی‌و بێ‌ئەدەبی‌و ناشیرینیان کرد لەگەڵ حەزرەتی عیسادا ئەویش دۆعای لێ‌کردن‌و خودا گیرۆدەی رسوایی کردن، جا کاتێ (ملك يهودا) پاشای جوولەکەکان لەو رۆژەدا ئەمەی بیست بیمی پەیدا کرد لەوە کە عیسا دۆعا لەویش بکاو لەگەڵ یەهوودیەکانا قسەی کرد وە قەراری کوشتنیان دا ، وە خودای تەعالا جوبرەئیلی نارد بۆ لای حەزرەتی عیسا خەبەری پێـدا کە قەراریان داوە بتکوژن ! لە کاتێکدا لەگەڵ حەوواریەکانا لە ماڵێکدا بوو وە مەئموور بە شوێنیا ئەگەڕان مەنسووبێکـــی منافقی بوو وتی : من پێتان ئەڵێم ئەگـــەر پارەم بدەنـــێ ! ئەوانیش میقدارێ پارەیان پێدا جا ئەویش مەئموورەکانی برد بۆ ئەو ماڵە کە حەزرەتی عیسا لەگەڵ حەواریەکانا تیایا بوون ، وە لەو کاتەدا چوونە ماڵەکەوە خودای تەعالا عیسای بەرزکردەوە بۆ ئاسمان‌و وێنەی ئەوی خستە سەر ئـەو منافقەو هـــەرچەن هاواری کرد کە : من عیسا نیم هەر کوشتیان ، وە یەهوودەکان پاش کوشتنی ئەو کابرا کە وێنەی عیسای وەرگرتبوو ئیختیلاف کەوتە ناویان وتیان : ئەگەر ئەم کوژراوە عیسایە رەفیقەکـەی خۆمان چی بەسەرا هات ؟ وە ئەگەر یارۆی رەفیقی خۆمان بوو عیسا بۆ کوێ دەرچوو ؟!

وه ئینجیله خاوەن ئیعتیبارەکانی لای نەصارا تەصریح ئەکەن بەوە ئەو کەسە کە عیسای تەسلیمی مەئمووری پاشاکەیان کرد یەهووذای (اسخر یوطی) بوو ، وە لە پێشا عەلامەتێکی دانا بۆ عیسا وتی : هەرکەسم ماچ کرد ئەوە عیسایە جا کاتێ گەیشت بە عیسا ماچی کردو مەئموورەکان گرتیان ، بەڵام پاش ئەوە خـودا ئەوی رزگار کردو وێنەی خستە سەر یەکێ تریان ٠

وە ئینجیلی (بەرنابا) ئەڵێ : مەئموورەکان هەر یەهووذا ئەسخریوطیان گرتو وایانزانی کە حەزرەتی عیسایە ؛ چونکی وێنەی ئەوی کەوتبووە سەر ٠ بە هەرحاڵ ئەو کەسانە کـــە حازری ئەو حادیثە بوون لە مەئموورەکانی پاشا حەزرەتـــی عیسایان نەدەناسیو باقی یەهوودیەکان کەوتنە ئەو ئیشتیباهەوە کە باسکرا ، وە قورئانیش تەصریحی پێ ئـەکا ٠ ئەلحاصـڵ : واجبە لەسەر موسوڵمانی ساغ لەم قەضیەدا لەسەر ظاهیر یـــا نەصی قورئانو حەدیث بێ کە حەزرەتی عیسا رزگار کراوە بە ئەمری خوداو بە سەلامەتی غائیب بووە لێیان ٠

﴿ فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ ﴾ :

واتە : جا بە سەبەبی زوڵمو ستەمێکی گەورەی ناهەموار کە پەیدا بوو لەو کەسانە کە ئایینی یەهوودییان بوو ، بەناو ، حەرامامان کرد ئەو خواردەمەنی‌یە مەرغووبە دڵخوازە جوانانـە کە وەختی خۆی حەڵاڵکرابوو بۆیان وەکو خودا لە سوورەتێکی ترا فەرموویەتی : (وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر ومن

البقر والغنم حرمنا عليهم شحومهما ـ الا ما حملت ظهورهما أو الحوايا او ما اختلط بعظم ـ ذلـــك جزيناهـــم ببغيهم وانـــا لصادقون) ٠

﴿ وبِصَدِّهِم عَنْ سَبِيلِ اللهِ كَثِيراً ﴾ : (١٦٠)

هەم لەبەر مەنعکردنی ئەوان بۆ ئادەمیزادێکی زۆر لە دینی ئیسلام لە ئیمڕۆدا ، وە لە دینی پێغەمەرە پێشووەکان لە چەرخی ئەوانا ٠

﴿ وأخْذِهِمُ الرِّبا ، وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ ﴾ :

وە هەم لەبـــەر وەرگرتنیان بـــۆ سوود ، وەلحاڵ کـــە مەنعکرابوون لە لایەنی خوداوە لەو سوودخواردنە ٠

﴿ وأكْلِهِمْ أمْوالَ النَّاسِ بِالْباطِلِ ﴾ :

وە لەبەر خواردنیان بۆ ماڵی ئادەمیزاد بە بێ تۆڵەو بـــێ موعاوەضەو بە بێ سوود بە بەرتیلو بە چەن نەوعێ تر لـــــە فڕوفێڵو دەسبڕینیان ٠

﴿ وأعْتَدْنا لِلْكافِرِيـــنَ مِنْهُمْ عَذاباً ألِيماً ﴾ : (١٦١)

وە ئامادەمان کردووە بۆ کافرەکانیان عەزابێکی زۆر توندو گرانو ئێشگەیێن لە رۆژی قیامەتا ٠

بزانن ! ظاهیری سیاقی ئەم حەوت ئایەتە لەم مەقامـــەدا ئەمەیە کە هەرچـــی کارو کردەوەی ناهەمواری یەهوودیەکـان بووە هەموویان هۆ بوون بۆ ئەوە کە خودای تەعالا ئەو شتانــە

که له کاتی خۆیا حەڵاڵ بوون بۆیان خودا حەرامی کردوون ، وە ئەمە مانیع نیە بۆ ئەوە کە ئەو کردەوە نابارانەی ئەوانە نەبووبن بە هۆی عیقابی قیامەتو عەزابی سەخت لە رۆژی خۆیا بەڵکو ئەو کردەوانە بوون بە هۆی بەدبەختی دنیاو قیامەتیان ٠

جا لەبەر ئەوە کە بازێ لە یەهوودەکان لە وەختی خۆیا کردەوەیان باش بووە ، وە هەروا لە زەمانی حەزرەتیشدا هاتوون موسوڵمان بوونو خزمەتی دینیان کردووە خودای تەعالا فەرموویەتی :

﴿ لٰكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ ﴾ :

بەڵام ئەو کیتابیانە کە دامەزراون لە عیلمو زانستی حەقایقدا وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو رەفیقەکانی ٠

﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ ﴾ :

وە ئەو دامەزراوانە کە خاوەن ئیمانن ٠

﴿ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ ﴾ :

ئیمان دێنن بەو کتێبە هاتووەتە خوارەوە بۆ لای تۆ وە بەوەیش کە هاتووەتە خوارەوە لە پێش زەمانی تۆدا ٠

﴿ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلٰوةَ ﴾ :

وە ئیمانیشیان هەیە بەو پێغەمەرانە کە لە زەمانی پێشوودا نوێژی دینی خۆیانیان دامەزراندووەو رایانگرتووە بە تەواوی٠

﴿ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكٰوةَ ﴾ :

وە ئەو کیتابیانە کە زەکات ئەدەن ٠

﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ﴾ :

وە ئەو کیتابیانە کە ئیمانیان هەیە بە خوداو بـــە رۆژی پاشەڕۆژ کە قیامەتە ٠

﴿ أُولَئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾ : (١٦٢)

ئەوانە لەمەولا ئەجرێکی گەورەیان پێ ئەدەین واتە لـــە رۆژی قیامەتا ٠

خۆلاصەی کەلام : کیتابیەکان هەموو خراپ نین بەڵکـــو ئەوانەیان کە عالمو زانای راستینو خاوەن ئیمانو بیروباوەڕی باشن هەموویان ئیمان دێنن بەو کتێبە کە هاتووەتەخوارەوە بـۆ لای تۆ وە بەو کتێبو ئەلواحە کە هاتووەتەخوارەوە بۆ ســـەر پێغەمەرە پێشووەکان ، وە ئیمان دێنن بەو پێغەمەرانە کـــە نوێژیان راگرتووە لە چەرخی خۆیاناو زەکاتی ماڵیشیان ئەدەنو ئیمانیان هەیە بە خوداو بە رۆژی قیامـــەت ٠٠ ئەمانە دارای ئەجری گەورەن لە قیامەتا ٠

﴿ إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَـــا أَوْحَيْنَا إِلَى نُـــوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِنْ بَعْدِهِ ﴾ :

جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ دڵگران مەبە لەوە کە ئەو کیتابیانە داوای شتی نابار لە تۆ ئەکەن وە ئەیانەوێ تۆ بڕۆی بۆ ئاسمانو لە ئاسمانەوە کیتاب بێنیتە خوارەوە بۆیان بە نەوعێ

که ناویان یەکە یەکە نووسرابێ ؛ چونکی من وەکو تۆم کردووە بە رەهبەر پێغەمەرە پێشووەکانیشم کردووە بە رەهبەرو هەر وەکو داوای ئەم جۆرە شتانە لە تۆ ئەکەن داوای ئەو شتانەیشیان کردووە لە پێغەمەرە پێشووەکانو هەر وەکو ئەوان موبالاتو ئیهتیمامیان نەداوە بە قسەی پیاوی خراپ لە رۆژی خۆیانا تۆیش ئیهتیمام مەدە بە قسەی بێسوودی ئەمانە ٠

﴿ وَاَوْحَيْنَا اِلَى اِبْرَاهِيمَ وَ اِسْمَاعِيلَ وَاِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالاَسْبَاطِ وَعِيسَى وَاَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَرُونَ وَ سُلَيْمَانَ وَ اتَيْنَا دَاوُدَ زَبُورا ﴾ : (١٦٣)

وە وەحیمان کردووە بۆ لای یەکە یەکەی ئەم پێغەمەرانەیش، وە زەبووریشمان داوە بە داوود ٠

﴿ وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَرُسُلاً لَمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ﴾ :

وە ناردوومانە بۆ تەمێو تەربیەی ئادەمیزاد چەن پێغەمەرانێ کە باسم کردوون بۆ تۆ وە چەن پێغەمەرێکیش کە باسم نەکردوون بۆ تۆ ٠

﴿ وَكَلَّمَ اللّٰهُ مُوسَى تَكْلِيماً ﴾ : (١٦٤)

وە بە تایبەتی خودا گفتوگۆی کرد لەگەڵ موسای کوڕی عیمرانا بە قسەکردنێکی وەها بوو بە هۆی ئەوە بە موسا بڵێن (کلیم اللە) ٠

﴿ رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ ﴾ :

حالی ئەم زاتانە وابووە کە رەهبەرانێ بـــوون موژدەدەر بوون بەوانە کە فەرمانی خودا وەرئەگرن ، وە ترسێنەر بوون بۆ ئەوانە کە سەرکێشییان ئەکرد لە فەرمانی خودا ٠

﴿ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللهِ حُجَّةٌ بَعْـــــدَ الرُّسُلِ ﴾ :

حیکمەتی ناردنی ئەم رەهبەرانەیش ئەمە بوو کە لە رۆژی قیامەتا دەستئاوێزێو دەلیلێ نەبێ بۆ ئادەمیزاد لەسەر خودای خۆیان ، بلێن : پەروەردگارا ! ئێمە نەزانو بێئاگا بووین ئەبو پێغەمەرێکت بناردایێ بۆ سەرمان بە دەستوورێکەوە هەتـــا فەرمانمان وەربگرتایێو پەیرەوی ئەو پێغەمەرانەمان بکردایە٠

﴿ وكَانَ اللهُ عَزِيزاً حَكِيماً ﴾ : (١٦٥)

وە خودای تەعالا هەر بووەو لایەزال غالبە بەسەر کاری خۆیداو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا ٠

بزانن ! خودای تەعالا حاکمی موتلەقو فەرمانداره بەســەر هەموو شتێکداو بۆی هەیە کە موطیع عەزاب بداو عاصـــــیو تاوانبار عەفو بکا (لا يسئل عما يفعل وهم يسئلون) کەوابو بە مولاحەزەی حەقیقەتی خودایی خودا هیچ کەسێ لە هیچ شتێکداو هیچ وەختێکدا حوجەتی نابێ بەسەر خودادا ٠ بەڵام لەسەر ئەو یاسا کە خۆی قەراری داوەو فەرموویەتی (لا يكلف الله نفســا الا وسعها) وە مەعلوومە کە نەزان نازانێ چی لەسەرەو چی بکا وە لەسەر ئەوە کە فەرموویەتی : (وما كنا معذبين حتى نبعث

رسولا) شيبهه حوججه‌تێ و ده‌لیل‌و بورهانێکی به دیمه‌ن هه‌یه له بۆ منداڵ‌و شێت‌و ئه‌و که‌سانه که له عه‌هـدی فیتره‌تدابوون وه بۆ ئه‌و که‌سانه وان له عه‌هدی ریساله‌تا به‌ڵام حوکمی خودایان پێ نه‌گه‌یشتووه‌و ئیستیعدادی ئه‌وه‌یان نه‌بووه ئه‌حکام وه‌ربگرن مه‌جالی ئه‌وه‌یان هه‌یه به ظاهیر بڵێن : له‌سه‌ر چی ئێمه عـه‌زاب ئه‌درێین ؟ جا به‌و بۆنه‌یه‌وه خودا فه‌رموویه‌تی (لئلا یکون للناس علی الله حجة) ، ئه‌گه‌رنا عه‌بدی خودا مه‌جالی ئیحتیجاجی نیـــه له‌گه‌ڵ خودادا •

﴿ لكِنِ اللهُ يَشْهَدُ بِما أَنْزَلَ إِلَيْكَ أَنْزَلَـــهُ بِعِلْمِهِ والملئِكَةُ يَشْهَدُونَ ، وكَفى بِاللهِ شَهِيداً ﴾ : (١٦٦)

ئه‌م ئایه‌ته مه‌ربووطه به جوابی ئیقتیراح‌و داواکردنـــی ئه‌هلی کیتاب له پێغه‌مه‌ر (د) که بڕوا بۆ ئاسمان‌و ئه‌لواح بێنێته خوار بۆ ئه‌هلی کیتاب ، وه یا هه‌رکه‌سێ له‌وان نامه‌یه‌کـــی تایبه‌تییان بۆ بێت هه‌تا ئه‌وان ئیمان بێنن ئه‌گه‌رنا باوه‌ڕ ناکه‌ن که پێغه‌مه‌ر (د) پێغه‌مه‌ری خودا بێ • وه له‌م ئایه‌ته‌دا ئه‌فه‌رموێت به‌ڵام خودا به گه‌وره‌یی خۆی شه‌هاده‌ت ئه‌دا به راستیی ئـــه‌و کتێبه که ناردوویه‌ته خواره‌وه بۆ تۆ ، وه ناردوویه‌تی بـــه ته‌وانایی‌و زانست‌و خواستی خۆی ، وه فریشته‌کانیش شه‌هاده‌ت ئه‌ده‌ن ، وه خودا به‌سه بۆ شه‌هاده‌ت به ریساله‌تی تۆ ، وه له‌سه‌ر راستی کتێبه‌که‌ت ، ئیتر ئه‌هلی کیتاب هه‌ر عه‌نادو له‌جاجێ بکه‌ن

لەم مەوضووعەدا قیمەتی نیەو بە قەطعی موبالاتی پێ مەکە ·
وە ئەمانە هەر خوویان لەسەر عەنادو زمان‌درێژییە ·

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ قَدْ ضَلُّوا ضَلَالاً بَعِيداً ﴾ : (١٦٧)

بە راستی ئەو کەسانە کە خۆیان کافرن بە دینی حەقو مەنعی ئادەمیزادیش ئەکەن لە کەوتنەسەر رێگەی دینی خودای تەعالا بە تەحقیق گوم‌بوون بە گوم‌بوونێکی دوور لە رێگەی راست ·

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَظَلَمُوا لَمْ يَكُنِ اللهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ ﴾ :

بە راستی ئەوانە کە کافر بوونو ستەمیان‌کرد لە حەزرەتی محەمەد (د) بە ئینکاری ریسالەتەکەیو بە مەنع‌کردنی خەڵق لە ئیمان هێنان بەو ·· ئەوە خودا لەوانە نیە کە لێیان خۆش‌ببێ ·

﴿ وَلا لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقاً ﴾ : (١٦٨)

وە هیدایەتیشیان نادا بۆ هیچ رێگەیێ لەوانە بێت بە خەیالا ·

﴿ إِلاَّ طَرِيقَ جَهَنَّمَ ﴾ :

ئیللا بۆ رێگەی جەهەننەم !

﴿ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ﴾ :

کە دەوامدارن لەوا هەتا هەتایە ·

﴿ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيراً ﴾ : (١٦٩)

وه ئەم نەوعە تەصەڕڕوفانە ئاسانە لەسەر خودا ·

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِن رَبِّكُمْ ﴾ :

ئەی ئادەمیزاد ! بە راستی پێغەمەری گەورە هاتووە بۆ لای ئێوە لەگەڵ ئەحکامێدا کە مایەی بەختیاریو پیرۆزی ژیانــی دنیاو قیامەتە ، وە ئەم پێغەمەرە لە لای خودای میهرەبانی ئێوەوە بۆتان هاتووە ·

﴿ فَآمِنُوا خَيْراً لَّكُمْ ﴾ :

دەی ئیمان بێنن بەوە ؛ چونکی ئیمانهێنانتان چاکە بـــۆ ئێـــوە ·

﴿ وَإِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ : (١٧٠)

وە ئەگەر کوفر بکەن بەم پێغەمەرە ئەوە بزانن کە هەرچی وا لە ئاسمانو عەرزا مولکی خودایەو خودا بێ‌ئیحتیاجە لە ئێوەو ئیمان نەهێنانتان زیانی خۆتانەو بەس ، وە خودای تەعالا زاناو بە حیکمەتە لە هەموو شەئنێکدا ·

﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ ﴾ :

ئەی کەسانێ کە عەلاقەدارن بە کتێبی ئاسمانیەوە ـ کـــە یەهوودو نەصـــاران ـ زیادەڕەوی مەکـــەن لـــە دینەکەتاناو نوقصانیش مەکەن تیایا ، وە لە شانی هیچ کە سێکا لە ئەندازەی خۆی لامەدەن · ئەی یەهوودیەکان زیادەڕەوی مەکەن لە شەئنی

عوزەیردا ، مەڵێن عوزەیر کوڕی خودایە • خودا کوڕی نیـــەو نابێ ، بێشەرمی مەکەن دەرحەق بە عیساو مەڵێن ئینسانی پاك نیە ، وە بێحەیایی مەکەن دەرحەق بە مەریەم ؛ چونکی مەریەم خاوەن عیبادەتو پاك بووە • وە ئەی نەصارا مەڵێن عیسا کوڕی خودایە !

﴿ وَلاَ تَقُولُوا عَلَى اللهِ اِلاَّ الْحَقَّ ﴾ :

وە قسە مەکەن لەسەر خودا بە حەق نەبێ • مەڵێن خـودا رەفیقی هەیەو عیسا لەگەڵ دایکیا دوو عونصورن لە عەناصـیری قودسییە •

﴿ اِنَّما المَسِيحُ عِيسى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللهِ ﴾ :

نیە عیسای کوڕی مەریەم ئیللا فورستادەیەکی خودایە بـۆ سەر بەنی ئیسرائیلو موعجیزاتی گەورەی شایاوی چەرخی خۆی پێداوە بۆ ئەوە کە ئادەمیزادی ئەو چەرخە لە حیرصو ئازو نیازی فاسیدو لە دنیاپەرستیو مادەخوازی پاك بکاتەوە •

﴿ وَكَلِمَتُهُ اَلْقاها اِلى مَرْيَمَ ﴾ :

وە وجوودی عیسا بە ئەمری (کن فیکون) بوو لە لایەنـــی خوداوە کە ئەو کەلیمەیە حەواڵە کرد بۆ لای مەریەم وە ویستی ئەو پێغەمەرە زاهیدە لەو دایکە عابیدە پەیدا ببێو بەس •

﴿ وَرُوحٌ مِنْهُ ﴾ :

وە عیسا زاتێکی پاكو رۆحێکی بێڕەزیلەی نەفسیو مادییەو لە خوداوە بە فەیضی خواستی ئەو دروست کراوە •

﴿ فَآمِنُوا بِاللهِ وَرُسُلِهِ ﴾ :

دەی کەمێ بیربکەنەوەو عەقڵ بەکاربێننو ئیمان بێنن بە گەورەیی خوداو تەواناییی لەسەر هەموو مومکیناتو دووری لە عەیبو بێ ئیحتیاجی بەکەس وە ئیمان بێنن بە پێغەمەرەکانیشیو بیان ناسن کە چەن بەندەیەکی پاکی رەوشت چاكو پوختەو خۆلاصەی ئادەمیزادنو زیرەكو ئەمینو راستوتارنو ئەحکامی خودایان بە راستی گەیاندووە بە عیبادی خوداو مەحاڵە درۆو خەیانەتو ونکردنی ئەحکامی خودا بکەن لەوانەو قابیلە هەموو عەواریضو ئەحواڵی ئادەمیزادیان بەسەرا بێت ؛ ئەخۆنو ئەخۆنەوەو ساغو نەخۆش ئەبنو ئەمرن وەکو باقی ئادەمیزاد •

﴿ وَلا تَقُولوا ثَلَـثَةٌ ﴾ :

بە قەطعی مەڵێن خودا سێ کەسن : خوداو ، مەریەم و ، عیسا (العیاذ بالله) ، ئینسانێ کە پێویستی هەبێ بە خواردەمەنیو قەزای حاجەتو نوستنو مردنی بەسەرا بێت .لۆن قابیلی خودایی ئەبێ ؟ حاشا ! هەر ئەوەندە هەیە عەبدی خۆشەویست خودا پرتەوێ ئەدا لێی، یانی بە رەحمەتی خۆی دڵی نوورانی ئەکا بۆ ئەوە کە بە ساغی بەندەیی خودا بەجێ بێنێ •

﴿ اِنْتَهُوا ﴾ :

دەسبەردار ببن لەوە خودا بە سێ کەس بزانن وە لادەن لەم بیرە تاریکە •

﴿ خَیْراً لَکُمْ ﴾ :

وه قەسدی عەقیدەو باوەڕێ بکەن کە باشە بۆتان کـــە تەوحیدو خودا بەیەكناسینە •

﴿ إِنَّما اللهُ إِلهٌ وَاحِدٌ ﴾ :

بە راستی بزانن کە خودا مەعبوودێکی تاقو تەنیایـــەو زیندوو زاناو تەوانایەو پێغەمەرەکان یەكیـــەك بەنـــدەی بارەگایە •

﴿ سُبْحانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ ﴾ :

خـــودا تەسبیـــحو تەقدیسو تەنزیهـ ئەکـــەینو دووری ئەخەینەوە لەوە کە کوڕو کچی ببـــێ • ئەولادو تەناسول بـــۆ پارازتنی نەوعی ئەصڵەو بۆ نیازمەندیو ئارەزووی ئەهلـــەو لەگەڵ موناسەبەی زاتو صیفاتە ئەمانە هەموو دوورن لـــە خودا • ئیتر باوەڕی پووچی بێسوود دوورە لە مەقسوود •

﴿ لَهُ ما في السَّمواتِ وَما في الأَرْضِ ﴾ :

هەر بۆ خودایە سەرداری و دارایی هەرچی هەیە لە کائیناتا لە عەرزاو لە ئاسمانا لە پەستیو بوڵندیدا ؛ وە مالیك لەگـــەڵ مەملووكو خاوەن دەست لەگەڵ ژێردەستەدا دوورن لە موناسەبەو نیازمەندی •

﴿ وَكَفى بِاللهِ وَكِيلاً ﴾ : (١٧١)

وە خودا بەسە بۆ ئەوە ئیعتیمادی بدرێتەسەر •

﴿ لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْداً لِلّهِ وَ لا الْمَلئِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ ﴾ :

عاری لێ نایـێ عیسای مەسیح کـە بەبێ باوك خـودا دروستیکردووە •• ببێ بە بەندەی فەرمانبەردار بـۆ زاتـی خوداو ئەو فریشتانەیش کە لە صیفەتی بێ باوك‌و دایکیدا لـە عیسا بێ‌عەلاقەترن‌و خاوەن پایەن بە بەندەیی بۆ خودای خۆیان شانازی ئەکەن •

﴿ وَمَنْ يَسْتَنْكِفْ عَنْ عِبادَتِهِ ويَسْتَكْبِرْ ﴾
وە هەرکەسێ لە عیبادەت‌و بەندەیی خودا ئیستینکاف بکـاو عاری لێ‌بێ‌و خۆی بە گەورە بگرێ •

﴿ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعاً ﴾ : (١٧٢)
ئەوە لەمەولا لە رۆژی حسێبا هەموویان گردئەکاتـەوەو حازریان ئـەکا لەلای خۆی ئەوجـارە خـۆی ئەزانێ چییـان لێ‌ئەکا •

﴿ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ فَيُوفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ ويَزِيدُهُمْ مِنْ فَضْلِهِ ﴾ :
جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان بووەو کردەوەی باشیان کردووە ئەوە خودا بە تەواوی پاداش‌و ئەجری ئەعمالیان پێ‌ئەدات‌و لـە فەزڵ‌و میهرەبانی زیاد لە ئەجرەکەیشیان پێ‌ئەدا لە یەك بەدە تا یەك‌بەحەفتا هەتا یەك‌بەحەوت‌صەدو زیاتریش بۆ هەرکەسـێ خواستی لەسەربێ •

﴿ وَأَمَّا الَّذِينَ اسْتَنْكَفُوا واسْتَكْبَرُوا فَيُعَذِّبُهُمْ عَذاباً أَلِيماً ﴾ :

وه ئەو کەسانەیش کە عاریان هاتووە لە بەندەیی خـــوداو خۆیان بە گەورە داناوە ئەوە خودا عەزابیان ئەدا بە عەزابێکی ئازارگەیێن •

﴿ وَلا يَجِدُونَ لَهُمْ مِـــــنْ دُونِ اللهِ وَلِيّاً وَلا نَصِيراً ﴾ : (١٧٣)

وە دەستیان ناکەوێ لە لایەنی غەیری خوداوە دۆستێ یـــا یارمەتیدەرێ •

﴿ يا أَيُّها النَّاسُ قَدْ جاءَكُمْ بُرْهانٌ مِنْ رَبِّكُـمْ وَأَنْزَلْنا إِلَيْكُمْ نُوراً مُبِيناً ﴾ : (١٧٤)

ئەی ئادەمیزاد بە راستی واهات بۆ لای ئێوە زاتێکی خاوەن ئەخلاق‌و رەوشتی بەرزی وا ئەوەنـدە کردەوەکانی بـەرزن وە ئەوەندە ئەخلاقەکانی گەورەن خۆی بۆ خۆی بووە بە دەلیـــل‌و بورهان لەسەر راستی خۆی • وە لەگەڵ ئەوەدا کتێبێکیشمــــان ناردووە ئەوەندە بـــیرو باوەڕو کردەوەو ئادابــــی رووناك کردووەتەوە بۆ ئێوە بووە بە نوورو رووناکیەکی ئاشکرا • واتە ئەو پێغەمەرە ئەوەندە بەرزە بە حەق خۆی بووە بۆ خۆی بـــە بورهان قورئانەکەیش بە نووری بەیان •

﴿ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا بِاللهِ واعْتَصَمُوا بِهِ ﴾ :

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا لەسەر تەمــێ‌و

تەربیەتی ئەو پێغەمەرە وە دەستیان گرتووە بەو خوداوەو ئیعتیمادو تەوەکولیان لەسەری هەیە ٠

﴿ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطاً مُسْتَقِيماً ﴾ : (١٧٥)

ئەوە لەمەولا ئەیانهاوێتە ناو دائیرەی رەحمەتو میهرەبانی خۆیەوەو ناو زیادەکەرەم ، وە شارەزایشیان ئەکا بۆ رێگەیەکی راستی وا کە ئەیانبا بۆ حوزووری خوداو شادیان ئەکا بە لیقای خاوەن بەقای ئەو لە رۆژی قیامەتا ٠

فەرموودەی خودا (یستفتونك ٠٠٠ الایة) ٠

لە حاشیەی جەمەلدا لەسەر تەفسیری جەلالەین ئەفەرموێت : خودا ئاخری سوورەتی نیسائی هێنا بە باسی ماڵی میرات وەکو ئەووەڵی دامەزراند بە باسی ماڵی میرات هەتا موناسەبە پەیدا ببێ لە بەینی ئەووەڵو ئاخری ئەم سوورەتەدا ٠ وە جوملەی ئایاتی میرات لەم سوورەتەدا سیانن : ئەووەڵ : لە باسی میراتی ئوصوولو فورووعە ٠ دووەم : لە باسی میراتی ژنو مێردەو براو خوشکی دایکیی ٠ سێهەم : کە ئەم ئایەتەیە لە باسی میراتی براو خوشکی باوكودایکی مردووەکە یا براو خوشکی باوکی ٠ وە ئەمما (اصحاب الارحام) ئەوە باسیان دێت لە ئاخری سوورەتی (انفال)دا ٠

وە ئەو کەسە کە ئیستیفتای کرد لە (کەلالە) جابیری کوڕی

عەبدوڵڵا بوو لەو کاتەدا کە حەزرەت (د) رۆییشت بۆ عەیادەتی لەگەڵ ئەبوبەکرا (خ) ، وتی : یا رەسوولەڵڵا (انـــي كلالة ، فكيف اصنع في مالي ؟) واتە من بێ ئەولادم ، چی بکەم لــــەم ماڵی خۆمەدا ؟

وە لە خازیندا ئەڵێ : بوخاری‌و موسلیم ریوایەتیان کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەڵێ : نەخۆش بووم ، جا حەزرەت (د) لەگەڵ ئەبوبەکرا هاتن بۆ عەیادەتم بەپێ • منیش لەو کاتەدا لە هۆشی خۆم چووبووم ، وە لەو کاتەدا حەزرەت (د) دەسنوێــژ ئەگرێ‌و لە ماندەی ئاوی دەسنوێژەکەی ئەپرژێنن لــــە رووم‌و منیش هۆشم هاتەوە بە خۆما • وتم : یارەسوولەڵڵا چی‌بکەم لەم ماڵی خۆمەدا ؟ هیچ جوابی نەدامەوە هەتا ئایەتی (يستفتونــك قل : الله يفتيكم) نازڵ بوو •

وە لە ریوایەتی ترمذیدا ئەڵێ : وە من نۆ خوشکم هەبــوو وە ئایەتی (يستفتونك) نازڵ بوو • وە ئەبو زەڕڕی غەفـــاری ئەڵێ : نەخۆش بووم‌و نۆ خوشکم هەبوو ، حەزرەت (د) هات بۆ لام‌و ئاوی پرژاند بە رووماو هۆشم هاتەوە بەخۆماو عــــەرزم کرد : یارەسولەڵڵا وەصیەت بکەم بۆ خوشکەکانم بە سێ‌یەکــی ماڵەکەم ؟ فەرمووی : باشە • عەرزم کرد : وەصیەت بکەم بۆیان بە نیوەی ماڵەکەم ؟ فەرمووی : باشە • جا رۆیشتـــــە دەرەوەو بەجێی هێشتم • (فقال : يا جابر ما اراك ميتا من وجعك هــذا ، وان الله قد انزل قرآنا ، فبين لاخواتك فجعل لهن الثلثين) جــــا

جابیر ئەیوت : ئەم ئایەتە لە شانی مندا هاتەخوارەوە • جا خودا ئەفەرمویت :

﴿ يَسْتَفْتُونَكَ ﴾ :

پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی ماڵی کەسێ بمرێو (کەلالە) بێ یانی باوکو ئەولادی لێ بەجێ نەمابێ •

﴿ قُلِ : اللّٰهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ ﴾ :

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ : خودای تەعالا فەتواتان بۆ ئەدا لە (کەلالە) دا :

﴿ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ ﴾ :

ئەگەر کەسێ بمرێو ئەولادی لە پاش بەجێ نەمێنێ •

﴿ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ﴾ :

وەلەحاڵ خوشکێکی باوکو دایکیی یاخود هەر باوکیی ببێ ئەوە نیوەی ماڵی کابرا ئەبا ، ئەوەی بەجێی هێشتووە •

﴿ وَهُوَ يَرِثُهَا إِن لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ ﴾ :

وە ئەو شەخسەیش میرات ئەبا لەو خوشکی خۆیە ، واتە : هەموو ماڵەکەی ئەبا ئەگەر ئەو ژنە منداڵی نەبێ •

﴿ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ﴾ :

وە ئەگەر خوشکەکان دوان بووبن ئەوە بۆ هەردوویان دوو تەقسیم هەیە •

﴿ وإن كانوا إخوةً ـ رجالاً ونساءً ـ فللذكر مثلُ حظّ الأنثيين ﴾ :

ئەگەر ئەو میراتبەرانە کە سیفەتی برایەتی یا خوشکایەتییان هەیە لە باوكو دایکەوە یا هەر لە باوکەوە کۆمەڵێ بوون پیاوو ژن ئەوە بۆ نێرینەکەیان دووقاتی بەشی مێکەیان هەیە ٠

﴿ یُبیّنُ اللهُ لكم أن تضلّوا ﴾ :

خودا ئــەم حوکمانەتان بــۆ روونائەکاتەوە مەبــادا گومڕاهـ ببن ٠

﴿ واللهُ بكلّ شيءٍ عليم ﴾ : (١٧٦)

وە خودای تەعالا بــە هەموو شتــێ زانایەو پێی خۆشــە ئێوەیش زانابن ٠

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : مادام قســە لە (کەلالە) ئەکــەین‌و کەلالەیش مردوویەکە نە ئەولادی ببێ‌و نە باوکی ببێ گەرەکە لەگەڵ ئەم خوشکانە یا لەگەڵ ئەم برایانەدا باوکیان مەوجوود نەبێ ، نەگەنا باوکەکەیان ئەمانە حەجب ئەکاو میراتەکە بۆ خۆی ئەبێ ٠ وەکو لە حەدیثی حەزرەتا دەرکەوتووە ٠

دووەم : ئەم براوخوشکانە کە لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت بــۆ نێرینە دوو قاتی مێینە هەیە ٠٠ بۆ صورەتێکــە هــەموو براو خوشکەکان باوکودایکیی بن ، یا هەموویان باوکیی بــــن ، ئەگەرنا ئەگەر تاقمێکیان باوكو دایکیی بن‌و تاقمێکیان باوکیی

بن ئەوە شازدە صوورەت هەڵئەگرێ ؛ چونكی باوكیو دایكیەكان یا هەر نێرینەن ، یا نێرینەو مێینەن ، یا تاقە مێینەیەكە ، یا چەن مێینەیێ ، وە باوكەكانیش ئەم چوار صوورەتەیان هەیە وە چوار ضەرب چوار ئەگات بە شازدە صوورەت •

جا ئەگەر باوكو دایكیەكان نێرینە بن یا نێرینەو مێینە بن ئەوە هەموو براو خوشكەباوكیەكان حەجب ئەكەن ، ئەمە هەشت صوورەت ، وە ئەگەر باوكو دایكیەكان یەك مێینە بوو ئــــەوە نیوەی ماڵەكە ئەبا ، وە لەم حاڵەدا ئەگەر باوكییەكە نێرینە یــا نێرینەو مێینە بوو باقی میراتەكە ئەبەن ، وە ئەگەر تاقەمێینەیێ بێ یا چەن مێینەیێ بن ئەوە شەشیەكــــی ماڵەكە ئەبەن بــــۆ تەواوكردنی دووتەقسیمسێ لە میراتەكەدا ، وە باقی ماڵەكەیش هەر بەو نیسبەتە ئەدرێتەوە بە هەردوو چینەكە ، یانی بۆ باوكو دایكی سێ بەش لە چوار وە بۆ باوكییەكان ، كەم بــن یا زۆر ، بەشێ لە چوار • وە ئەگەر باوكیو دایكیەكان چەن مێینەیــــێ بوون ئەوە باوكیەكان ئەگەر نێرینە بوون باقیەكــــــە ئەبەن ، هەروا ئەگەر نێرینەو مێینە بوون ، بەڵام بە یاسای (للذكر مثل حظ الانثيين) بەشی دەكەن • وە ئەگەر مێینە بوونو بەس ئەوە موطڵەقا حەجب ئەكرێن ؛ چونكی خوشكە باوكیو دایكیەكــــان دووتەقسیمسێكەیان بردووەو بۆ ئەمان لەوە نەماوەتەوە ، باقی ماڵەكەیش رەد ئەكرێتەوە بۆ سەر ئەوان •

سێهەم : بوخاریو موسلیمو ترمذی ریوایەتیانكردووە لــە بەرائی كوڕی عازیب كە ئاخر سوورەتــــێ هاتووەتەخوارەوە

سوورەتی بەرائەتە . وە ئاخر ئایەتێ نازڵبووە (یستفتونك قل الله یفتیکم) بووە • وە ترمذی ریوایەت ئەکا لـــە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە فەرموویەتی : ئاخر سوورەتێ هاتووەتە خوارەوە سوورەتی مائیـــــدە بووە • وە ریوایەتی کردووە لە ئیبـــنو عەباسەوە کە ئاخر سوورەتێ نازڵ بووە سوورەتی (اذا جاء نصر الله) بووە • وە صاحێبی (تاج) ئەڵێ :یانی سوورەتی بەرائەت ئاخرسوورەتێ بووە کە نازڵ بووە لە حەربا • وە مائیدە ئاخر سوورەتێکە نازڵ بووە لە غەیری حەربا • وە (اذا جاء نصر الله) ئاخــر سوورەتی کورتە ، وە ئایەتی کەلالە ئاخر ئایەتی باسی میراتە •

کەوابوو مونافی نابێ بۆ ئەوە کە وتمان ئاخر ئایەتـــێ هاتووەتە خوارەوە ئایەتی (ربا) بووە ، هەروا ئاخر ئایـــەت ئایەتی (واتقوا یوما ترجعون فیه الی الله) بوە •

سورة المائدة مدنية وآياتها مائة وعشرون

بسم الله الرحمن الرحيم

سوورەتی مائیدە لە سوورەتە (مەدەنی)یەکانە بەم مەعنا کە مەدەنی ئەوەیە لە پاش کۆچکردنی حەزرەت (د) لە مەککە بۆ شاری مەدینە هاتووەتە خوارەوە •

ریوایەتکراوە : کە ئەم سوورەتە نازڵ بووە لـە پاش رووداوی حودەیبیە لە کاتی گەڕانەوەی حەزرەتدا (د) لە حودەیبیە بۆ مـەدینـەی مونەووەرە •

وە ناوبراوە بە سوورەتی (مائیدە) لەبەر ئەوە کە ناوی (مائیدە) لە ئاخری سوورەتەکەوە براوە • وە رەوایە ئینسان بڵێت ناوبراوە بـە (مائیدە) لەبەر ئەوە کە ئەشوبهێ بە مائیدەیەکی گوشادی وەهـا گەلێ نەوع خواردەمەنی لەسەر دانرابێ •

وە لەم سوورەتەیە ئەوەی کە نازڵبووە لـە ساڵی فەتحی مەککەدا وەکو ئایەتی : (ولا يجرمنكم شنآن قوم •• الآية)وە وەکـو ئایـەتی (اليوم اكملت لكم دينكم •••) کە لـە حەجی ویداعا وە لـە رۆژی عەرەفەدا ناڵبووەو لە ناو زاناکانا بڕیار وا دراوە هەر سـوورەتێ کە لە پاش کۆچ نازڵ بووبێ ئەوە بـە (مەدەنی) ناوئـەبرێ موطلـەقا ، ئەبو مەیسەرە ئەڵێ سوورەتی مائیدە لەوانەیە کە لە ئاخری ژیانی حەزرەتا نازڵبوە وە ئایەتی مەنسووخی تێدا نیە • بەڵام ئەوەی ناسراوە ئەوەیە کە لە پاش رووداوی حودەیبیە هاتوەتەخوارەوە بازێکی نەبێت •

وە لەم سوورەتەدا گەلێ ئەحکامی موهیسمی ئیسلامی هەیە . وەکو ئەمەولا دەرئەکەوێ بۆتان (ان شـاء الله) ، جـا خـودای تەعالا فەرموویەتی :

★ (يَا اَيُّها الَّذينَ آمَنوا اَوْفوا بِالْعُقودِ) :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! وەفا بکەن بەو عوقوودو عوهوودە وە بەو ئادو پەیمانانە کە بەسراوە لەگەڵتانا وە یا بەستووتانە لەگەڵ خەڵکدا •

وە لەو عەهدانەیە : ئەحکامی ئیعتیقادیو بیرو باوەڕو ، ئەحکامی ئەعمالو کردەوە ، وەکو نوێژو رۆژوو باقی واجباتی دین ، وە سوننەتەکانی دین کە لە لایەنی خوداوە بە واسیطەی پێغەمەرەوە (د) گەیشتوە بە موسوڵمانان •

وە لەو عوقوودەیە عەهدی فەرمانڕەوای ئیسلام لەگەڵ کافرانا ، وە عەهدی موسوڵمانان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی موسوڵمانانا ، واتە ئەو بەیعەتە کە ئەیکەن بەوانە واجبە رای بگرن وە بە بێ حوججەتی شەرعی تێکی نەدەن • هەروا ئەو عەهدو پەیمانانە کە موسوڵمانان لە ناو خۆیانا ئەیبەستن بە مەرجی ئەوە کە مەشرووع بن ، وەکو عەهدی صەداقەت وە شەراکەت وە یارمەتیدانی یەکتر ، وە ئەو عەقدانە کە بۆ ژیانی دنیا جێبەجێ ئەکرێن ، وەکو : بەیعو ، سەلەمو ، ئیجارەو ، رەهنو ، نیکاحو ، تەلاقو ، نەزرو ، غەیری ئەمانە •• هەموو ئەمانە واجبە ئینسان بە پێی فەرمانی شەرعی خودا ریعایەتیان بکا •

★ (اُحِلَّتْ لَكُمْ بَهيمَةُ الاَنْعَامِ اِلاَّ ما يُتْلى عَلَيْكُمْ) ★

حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە خواردنی گۆشتی ئەو هەشت سنفە حەیوانە ، وەکو : وشترو ، گاو ، مەڕو ، بزنی کێویو ، ئاسكو باقی ئەوانە کە وەکو ئەم حەیوانانەن لە شێوەو ژیانا • ئیللا ئەو حەیوانانە نەبێ کە لە ئایەتی دواییدا ئەخوێنرێنەوە بە سەرتانا •

★ (غَيْرَ مُحِلِّى الصَّيْدِ وَاَنْتُمْ حُرُمٌ) ★ :

حاڵتان وابێ کە نەچیر حەلاڵ نەکەن بۆ خۆتان لە کاتێکدا کە ئێوە وان لە ئیحرامی حەجدا •

★ (انَّ اللهَ یَحْکُمُ مَا یُرِیدُ) ★ (١) :

بە راستی خودا حوکم ئەکا وە فەرمان ئەدا بەوەی کە خواستی لەسەربێ •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا لا تحلوا شعائر الله .. الایة)

لە تەفسیری قورطوبیدا نەقل ئەکا (حطم) ناوی کوڕی (هند) کە کافرێکی موشریکی نابار بو هات بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ خزمەتی پێغەمەر (د) عەرزی کرد : تۆ خەڵکی بۆچی بانگ ئەکەی ؟ ئەویش فەرمووی بانگیان ئەکەم بۆ شەهادەتی (لا اله الا الله محمد رسول الله) ، وە نوێژکردن ، وە زەکاتو حەج بۆ بەیتوڵلا ، ئەویش وتی : ئەمانە باشن بەڵام من بازێ گەورەم هەن بێ راوێژی ئەوان ناتوانم هیچ ئیشێ بکەم ، ئەڕۆم راوێژیان پێئەکەمو هیوام وایە موسوڵمان ببم ، وە ئەوانیش لەگەڵ خۆمدا بێنم بۆ خزمەتی تۆو موسوڵمان بین • وە پاش ئەمە رۆیشت ، وە حەزرەت فەرمووی : ئەم کابرایە هات بۆ لامان بە روویەکەوە لە رووی کافر ئەچوو ، وە پشتی هەڵکرد بە پشتەملێکەوە لە پشتی ملی ئینسانی غەددار ئەچوو . وە لە پاشا نەهاتەوە بۆ لای حەزرەت (د)وە لەو ساڵەدا حەزردت لەگەڵ ئەصحابەکانا رۆیشت بۆ مەککە بۆ (عمرة القضا) حەطم هات بۆ مەککە بۆ عومرە کردن ، بازێ لە ئەصحابەکانی حەزرەت ویستیان پاش ئەوە کە حەطم لە حەرەم دەرچوو بیکوژن ؛ جا ئەم ئایاتە هاتەخوارەوە :

★ (یَا ایُّها الَّذِینَ آمَنوا لا تُحِلُّوا شَعَائِرَ اللهِ) ★ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! لە حودوودی خودای تەعالا

لامەدەن ، وە ئاداب‌و مەناسیکی حەج تێك‌مەدەن ، وە هەتکی ئەهـــلی مەناسیك بە حەڵاڵ مەزانن •

★ (ولا الشَّهْرَ الحَرامَ) ★ :

وە مانگی حەرام حەڵاڵ مەکەن‌و جەنگی تێدا مەکەن لەگەڵ کەسدا •

★ (ولا الهَدْيَ) ★ :

وە ئەو حەیوانانە کە هێنراون بۆ حەرەمی مەکە داگیریان مەکەن •

★ (ولا القَلائِدَ) ★ :

وە ئەو زنجیرە وا لە ملی حەیوانەکاندا دەستی بۆ مەبەن •

★ (ولا آمِّينَ البيْتَ الحرامَ) ★

وە دەست مەبەن بۆ ئەو کەسانە کە قەصدی بەیتوڵڵای حەرامیان کردوە بۆ زیارەت‌و تەواف‌و بەجێهێنانی مەناسیکی حەج‌و عومرە •

★ (يَبْتَغونَ فَضْلاً مِنْ رَبِّهِمْ وَرِضْواناً) ★ :

کە حاڵیان وەهایە هاتوون داوای کەرەم‌و رەزامـــەنـــدی خودای خۆیان ئەکەن •

★ (وَاذا حَلَلْتُمْ فاصْطادُوا) ★ :

وە کاتێ لە ئیحرامی حەجتان بوونەوەو تەحەللولتان کرد نـــەچیر بگرن وە ئەو مەنعەی پێشووتان لەسەر نامێنێ •

★ (ولا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ اَنْ صَدّوكُمْ عَنِ المَسْجِدِ الحَرامِ اَنْ تَعْتَدوا) ★ :

با هەڵتان نەنێ کینەو دوژمنایەتیتان بۆ کۆمەڵێ لەبەر ئەوە کـــە پارەکە مەنعیان کردن لە زیارەتی (مسجد الحرام) بۆ عومرە بۆ ئەوە کـــە نەجاوز بکەن لەســـەر ئەو کەسانـــە یا لەســـەر خزم‌و خوێشیان بـــۆ تۆڵەسەندنەوە •

(وَتَعاوَنوا عَلَى البِرِّ وَالتَّقْوى)

وه یارمەتی یەکتربدەن لەسەر کردنی کردەوەی چاكو پارێز لە نافەرمانی خودا ٠

(ولا تَعاوَنُوا على الاِثْمِ وَالعُدْوانِ) :

وه یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر گوناحکردنو تاوانباریو تەجاوزکردن بۆ سەر خەڵکی ٠

(واتَّقُوا اللهَ)

له خودا بترسن ٠

★ (اِنَّ اللهَ شَدِيدُ العِقَابِ) ★ (٢)

به راستی خـودای تەعـالا کاتێ عوفووبەتی تاوانبارێ بـدات عوقووبەتەکەی زۆر نابارو ناهەموارە ٠

جا خودای تەعالا کەونە باسکردنی مەعنای (الا مایتلی علیکم) و فەرمووی :

★ (حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ : المَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الخِنْزِيرِ وَمَا اُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ والمُنْخَنِقَةُ والموْقُوذَةُ والمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وما اَكَلَ السَّبُعُ اِلاّ ما ذَكَّيْتُمْ وما ذُبِحَ على النُّصُبِ وَاَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالاَزْلامِ ذلِكُمْ فِسقٌ) ★

حەرام کراوە لەسەر ئێوە ــ ئەی موسولمانەکان ــ ٠ یەکەم : خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو ؛ واتە ئەو گیانلەبەرە کە بەبێ سەربڕینی شـەرعی مردبێ ٠ دووەم : خواردنی خوێنێ کە رەوان بووبێ ٠ لە زەمانی جاهیلییەتا : ئەو خوێنەیان ئەکردە ناو ریخۆڵەی حەیوانو ئەیانبرژان جا ئەیانخوارد ٠ جا لە ئیسلامییەتا حەرامکرا ٠ **سێهەم : گۆشتی بەراز ٠ چوارەم : گۆشتی** ئەو حەیوانە کە لە کاتی سەربڕینیا دەنگ بەرزکرابێتەوە بە ناوبردنی غەیری خودای تەعالا ٠ پێنجەم : خواردنی گۆشتی حەیوانی خنکاو بە هـەر جۆرێ بێ : بە پەت ؛ یا بە ئاو ؛ یا لە ژێر خانووی رووخاوا ٠ یا یەکێ

دەستی نایێتە بینی ... وە وێنەی ئەمانە . شەشەم : خواردنی گۆشتی حەیوانێ لێیدرابێ بە دار یا بە بەرد هەتا مردبێ . حەوتەم : گۆشتی حەیوانێ لە بەرزی کەوتبێتەخوارەوەو مردبێ ، یاخود کەوتبێتە ناوی بیرێکەوەو مردبێ . هەشتەم : گۆشتی حەیوانێ کە قۆچی لێدرابێو بە زۆری فۆچ مردبێ . نۆهەم : گۆشتی حەیوانێ کە دڕندە لێیخواردبێ هەتا گیانی دەرچووبێ ، مەگەر ئەوانەیان کە زوو فریایان بکەونو لە پێش ئەوەدا گیانیان دەربچێ سەریانببڕن ، واتە ژیانی راستەقینەیان تیامابێ لەو کاتەدا کە سەریان ئەبڕن ، وە ئەمەیش ئەزانرێ بە جموجوولّی بەهێز وە بەوە کە خوێنیان لە وەختی سەربڕینیانا پەلەمیزکە ببەستێ . دەهەم : گۆشتی حەیوانێ کە لەسەر بتەکانا سەربڕابێ . وە یا ئەو حەیوانانە کە سەریان ببڕی لەسەر ئەو بەردانەدا کە دانراون لە دەوری بەیتا وە بە هیوای ئیحسان حەیوانیان لەسەر ئەکوژرێتەوە . وە حەرامکراوە لە سەرتان ئەمە کە رزقو رۆزی خۆتان بە (ئەزلام) وەرگرن وە ئەم فیسقە ، وە رزقوەرگرتن بە (ئەزلام)ە بە چەن جۆر کراوە :

یەکەم : هەرکەسێ بۆ خۆی سێ بەردی هەڵگرتوە لە کیسەیەکدا لە یەکێکیان نووسرابوو (افعل) یانی بیکە ، وە لە یەکێکیان نووسرابوو (لا تفعل) واتە مەیکە ، وە یەکێکیان هیچی لەسەر نەنووسرابوو . جا کابرا بیویستایە بڕوا بۆ کارێ بۆ سەفەرێ دەستی ئەکرد بەو کیسەدا ئەگەر بەردی یەکەمی بە دەستەوە بهاتایە ئەڕۆیشت بۆ ئیشەکەی ، وە ئەگەر بەردی دووهەمی بۆ بهاتایە نەدەچو ، وە ئەگەر بەردی سێهەم بوایە ئەو کردەوەیە دووبارە ئەکردەوە . وە باقی نەوعەکان لە تەفسیری قورطوبیو غەیری ئەوا باسیان کراوە هەرکەسێ ئەیەوێ با تەماشایان بکات .

★ (اليَوْمَ يَئِسَ الَّذينَ كَفَرُوا مِنْ دينِكُمْ) ★

ئەمڕۆ کە رۆژی جومعەو کاتی وەستانتانە لە عەرزی (عەرەفات)دا

کافرەکان نائومێد بوون لەوە کە دەرەقەتی دینی ئێــوە بێنو دینەکەتان بەتاڵ بکەنەوە •

★(فَلا تَخْشَوْهُمْ واخْشَوْني) ★ :

ئیتر مەترسن لەوان زاڵبین بەسەرتانا ، بەڵام لە من بترسن کە لــە هەموو کاتێکاو لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئەتوانم هەرچی خواستم هەبێ بیکەم •

★ (اَلْيَوْمَ اَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ واَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعمتي ورَضيتُ لَكُمُ الاِسْلاَم دِيناً) ★

ئەمڕۆ من دەستووری دینی ئێوەم تەواوکرد بە چەن شت :

یەکەم : بە بەیانی عەقیدەو بیرو باوەڕی راست بۆتان لە هۆی ئیمان بە خوداو بە فریشتەکانیو بە پێغەمەرەکانیو بەو کتێبانە کە بە جارێ یا بە چەن جار ناردوومە بۆیان ، وە بە رۆژی قیامەت ، وە بە قەزاو قەدەر ، یانی ئیمان بەوە کە خودا پەروەردگاری هەموو شتێکە •

دووەم : بە بەیانی ئوصوولو تەشریعی ئەحکامی خەمسە کە : واجبو ، حەرامو ، مەندوبو ، مەکرووهو ، موباحە • واتە لە قورئانا نیشانم داون کە هەنێ شت واجبەو تەرككردنی ئەبێ بــە هۆی عەزابی قیامەت ، مەگەر خودا عەفوی بکا ، وە کردنەکەی ئەبێ بە هۆی پایەی پاشەڕۆژو ثەوابو نیعمەت • وە هەنێ شت حەرامەو کردنەکەی ئەبێ بە هۆی عەزابو عیقاب لە قیامەتا ، وە تەرکەکەی ئەبێ بە هۆی ثەوابو نیعمەت لەوێدا • وە هەنێ شت مەندووبە ، لە کردنیا ثەواب هەیەو لــە تەرکیا عیقاب نیە • وە هەنێ شت مەکرووهە لە نەکردنیا ثەواب هەیەو لە کردنیا عەزابو عیقاب نیە • وە هەنێ شت موباحە واتە کردنو نەکردنی رەوایە •

سێهەم : بەوە ئەی خۆشەویست تۆم مەئموور کردوە بۆ بەیــانو تەفسیرو روونکردنەوەی ئەو ئایەتانە کە هاتوونەتە خوارەوە بــۆ لاتو

پێویستیان هەیە بە بەیان وەکو نەسخو لابردنی بازێ حوکمی رابوردوو بە حوکمێکی تازە ؛ وە تەخصیصکردنی عامو تەقییدی موتلەقو هاووێنەی ئەمانە وە بڕیارم داوە پەیڕەویت بکەن •

چوارەم : بەوە کە رامگەیاندوە بە ئێوەدا گردەوەبوونی موسوڵمانان لەسەر حوکمێ لە ئەحکامی دین ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئەو حوکمە . خواە سەلبی بێ یا ئیجابی ؛ وە لادان لەوە ئەبێ بە عیقابی پاشەڕۆژ •

پێنجەم : بەوە کە ئەمرم کردوە بەوە کاری گرنگو خاوەن قیمەتتان بە راوێژ بێ وە هەر کەسێکتان دانا بە گەورەو خاوەن کار ئیطاعەو فەرمانبەرداری بکەن وە ئەگەر شۆرش کەوتە ناوتانەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر کیتابی خوداو سوننەتی رەسوولەڵلا ؛ وە بەوە کە فەرمانم داوە بە (تفقە)و فامپەیداکردن بە شەریعەتی ئیسلامی ؛ وە پێویستە ئەوانە کە لەو پایەدا نین ئیطاعەی ئەو زانا خاوەن فیقهو خاوەن زانستانە بکەن وە هەرچی نەزانن خودسەر نەیکەن وە بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو ئیمامو پێشەوایانە •

شەشەم : بەوە کە نیشانمدان محەمەد (د) پێغەمەری خودایەو خاتەمی پێغەمەرانەو دینی محەمەد زاڵە بەسەر هەموو دینەکاناو پێویستە هەموو ئومەتێ پەیڕەوی تۆ بکەنو هەرکەسێ موخالەفەی تۆ بکا بە ستەمکارو خاریج لەدین ئەناسرێ •

وە نیعمەتیشم بۆ تەواوکردوون بە هیدایەتدانو شارەزاکردنتان بۆ ئیسلام . وە بە فەتحی مەکەو رامکردنی عەرەبەکان بۆتان . وە رەزامەندیم هەیە بەوە کە دینی ئیسلام کە دینی خودا بەیەکناسینەو باوەڕکردنە بە محەمەد لە تەبلیغاتا دینی ئێوەبێ •

ترمذیو بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە کە : پیاوێ لە جوولەکەکان وتی بە عومەری کوڕی خەطاب (خ) : ئەی عومەر ئەگەر ئایەتی (الیوم أکملت لکم دینکم .. الایة) لەسەر ئێمە نازڵ ببوایە ئەو

رۆژی نوزوولەمان ئەکرد بە رۆژی جەژنی رەسمی بۆخۆمان • عومەریش فەرمووی بە راستی من ئەزانم ئەو ئایەتە لە چ رۆژێکا هاتەخوارەوە ، لە رۆژی جومعەدا کە تەصادوفی رۆژی عەرەفەی کردبو • وە واحیــدی ئەڵێ : نازڵ بوو لە رۆژی عەرەفەدا لە پاش عەسر لە ساڵی دەی کۆچی لە سەفەری (حجة الوداع)دا ؛ وە لەو کاتەدا پێغەمەر (د) سواری ئـەو وشترەی بو کە ناوی (عضبا) بوو •

★ (فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) ★ (٣) :

جا ئەگەر کەسێ لە برسیەتێکی زۆرا ناچاری ئـەوە بوو لــەو حەرامکراوانە ـ وەك گۆشتی مردارەوە بوو گۆشتی بەرازو •• تـاد ـ بخوات مادام خۆی گوناهبار نەکاو زیادەڕەوی نەکات لەو خواردنـەدا ئەوە تاوانبار نابێو خودا بەبەزەیی‌و تاوانبەخشە •

جا کاتێ کە ئایەتی تەحریمی ئەو گۆشتانە کە باسمان کردن نازڵ بوو جێگەی ئەوەیە کە موسوڵمانان پرسیار بکەن : ئەی چ گۆشتێ حەڵاڵە بۆمان ؟ جا خودا فەرمووی . (یسئلونك ••• الآیة) •

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێ : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لــە شانی عەدی‌ی کوڕی حاتەم‌و زەیدی کوڕی (مهلهل)دا کە هەردوکیان طائی بوون . وە ئەم زەیدە مەشهوور بوە بە (زید الخیل) لە پاشا حەزرەت ناوی نا (زید الخیر) •• ئەمانە عەرزی حەزرەتیان کرد : یا رەسووڵەڵلا ئێمە قەومێکین کە راو ئەکەین بە سەگ وەها ئەبێ کە سەگ ئەو نەچیرەی گرت زوو نەچیرەکە لە ژێریا تەنگەنەفەس ئەبێ‌و ئەمرێ‌و بە چەقۆدا ناگا ، وە وایش ئەبێ فریای ئەکەوین‌و سەری ئەبڕین ؛ وە خودا مردارەوەبووی حەرام کردوە لێمان ، جا تۆ چی ئەفەرمووی ؟ جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو :

★ (يَسْئَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ) ★ :

پرسیارت لیٚ ئەکەن چ گۆشتیٚ رەواکراوە بۆ ئیٚمە •

★ (قُلْ : اُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ) ★ :

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست بلیٚ پیٚیان حەلاٚلکراوە بۆ ئیٚوە هەر خواردەمەنیەك کە بە لەززەت بیٚو تەبیعەتی سەلیم وەری بگریٚو بە شتیٚکی خراپی نەزانیٚ •

★ (وما عَلَّمْتُمْ مِنَ الجَوارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللهُ) ★ :

وە نەچیری ئەو درِندەو پەلەوەرە راوکەرانە کە تالیمتان کردوون لە حەیوانو پەلەوەری برینکەر وەکو : سەگو ، تانجیو ، ویٚزو ، بازو •• غەیری ئەمانەیش کە تالیمتان کردوون لەوەی کە خودا تالیمی ئیٚوەی کردوە • واتە بەو یاسا کە ئیٚوە فیٚربوونو بەراوردتان کردوە تالیمتان داداون •

★ (فَكُلُوا مِمَّا اَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ) ★ :

دەی بخۆن لە گۆشتی ئەو نەچیرەی کە گرتوویانە بۆ ئیٚوەو نەیانخواردوە •

★ (واذْكُروا اسْمَ اللهِ عَلَيْهِ) ★ :

بەلاٚم لە کاتی بەرەڵلاٚکردنی ئەو حەیوانە راوکەرانەدا ناوی خودا بیەن (بسم الله) بکەن ، وە یا ئەگەر بە زیندوویی گەیشتن بەو نەچیرانە سەریان ببرِنو (بسم الله)یان لەسەر بکەن •

★ (واتَّقُوا اللهَ) ★ :

لە خودا بترسنو دووربکەونەوە لەوەی کە خودا حەرامی کردوە وەکو ئەوانە باسمان کردن •

★ (اِنَّ اللهَ سَرِيعُ الحِسابِ) ★ (٤) :

بە راستی خودا حسیٚبی تاوانباران بە پەلە ئەکات •

★ (اَلْیَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّیِّبَاتُ) ★ :

ئەمڕۆ حەلاڵ کرا بۆ ئێوە خواردنی هەر خواردەمەنیەك کە پاكو بێ زیان بێو لە لای تەبیعەتی ئینسانی میانەدا باش بێ ، خواەگۆشت بێ یا غەیری گۆشت ، وە مەبەست لە (طیبات) ما عەدای گۆشتە پێشوەکانە کە حەرام کران •

★ (وَطَعامُ الذِینَ اوتوا الکِتابَ حِلٌّ لَکُمْ) ★ :

وە خواردەمەنی ئەو کافرانە کە وەختی خۆی کتێبیان پێدراوە حەلاڵە بۆ ئێوە ، گۆشت بێ یا غەیری گۆشت ، بەم مەرجە سابت بووبێ کە ئەهلی کیتابن •

★ (وَطعامُکُمْ حِلٌّ لَهُمْ) ★

وە خواردەمەنی ئێوەش ـ ئەی موسوڵمانەکان ـ حەلاڵە بۆ ئەوان ، کەوابو دروستە لە چێشتو نانی خۆتان بنێرن بۆیان یا لـــە میوانیدا بۆیان دابنێن بیخۆن ، وە مەبەس لەم رۆژانە رۆژی عــەرەفەو جەژنو رۆژی پاش جەژنە کە ئەم ئایەتانە هاتوونەتە خوارەوە لەوانا •

★ (وَالمُحْصَنَاتُ مِنَ المُؤْمِنَاتِ) ★

وە بۆتان حەلاڵکراوە مارەکردنی ئەو ژنە ئازادانە لەوانە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلام •

★ (والمُحْصناتُ مِنَ الَّذِینَ اوتوا الْکِتابَ مِنْ قَبْلِکُمْ) ★

وە حەلاڵکراوە بۆ ئێوە مارەکردنی ئەو ژنە حورە ئازادانە لـــەو تائیفە کە لە پێش زەمانی ئێوەدا کیتابیان پێدراوە کە جوولەکەو گاورن •

★ (اِذا آتَیْتُمُوهُنَّ اُجورَهُنَّ ★)

کاتێ کە مارەییەکەیان بدەنێ •

★ (مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسافِحِينَ ولا مُتَّخِذِي اَخْدَانٍ) ★
کە حاڵی ئێوەیش وەهابێ خۆتان بپارێزن لە زیناکردن بە هــۆی ئەو مارەکردنەوە ، زینا نەکەن بە ئاشکراو بە پەنامەکی دۆست نەگرن بۆ زیناکردن •

★ (وَمَن يَكْفُرْ بِالايمانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ ★)
وە هەرکەسێ باوەڕ نەکا بەو ئەحکامی ئیسلامە کە خودای تەعالا دایمەزراندوە ئەوە هەر کردەوەیەکی باش بکا بێ نرخەو جەزاو پاداشی نیە لـــە پاشەڕۆژا •

★ (وهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الخاسِرِينَ) ★ (٥)
وە ئەوە لە رۆژی قیامەتا لەو کەسانەیە کە زیانکردوون •

لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ کە خـواردەمـەنی کافری کتابی ، گۆشتو غەیری گۆشت ، خواردنی دروستە بۆ موسوڵمان خواه ئەسەر ئەو حەیوانە سەریان بڕیوە(بسم‌الله)یان کردبێ یا نەیانکردبێ . چونکی ئەم ئایەتە موطلەقەو ناوی خودابردنی ئیعتیبار نەکردوە ، بەڵێ پێویستە کە سابت ببێ لە ئەهلی کیتابن ، وەکو : یەهوودو ، نەصرانی ، وە ئـــەو کەسانە کە نیسبەتی خۆیان ئەدەن بۆ لای یەهوودیەت یا نەصرانیەت ئەوە ئەگەر زانای دینی ئەو میللەتانە ئیعتیرافیان پێ بکەن گۆشتی سەربڕاوی دەستیان ئەخورێ ، وە ئەگەر ئیعتیرافیان پێ نەکەن ناخورێ •

وە قەبیلەی مەجووس هەرچەند ئەڵێن کیتابمان هەیە بەڵام حەزرەت (د) لە حوکمی ژنمارەکردنو گۆشتخواردنی سەربڕراوی ئەوان جیـای کردوونەتەوەو فەرموویەتی . (ئەو مەجووسیانە موعامەلەیان لەگەڵـــدا بکەن وەکو ئەهلی کیتاب بەس ژنیان مارە مەکەنو تەعامیان مەخۆن •)

هەروا دەرئەکەوێ کە سەربڕراوی دەستی کافری موشـــریك وە کافرێ باوەڕی بە هیچ دینێ نەبێ ناخورێ ، وە ژنیشیان بە کافری مارە ناکرێ •

★ (یا اَیُّها الذینَ آمَنوا اِذا قُمْتُمْ اِلی الصَّلوةِ فاغْسِلُوا وجوهَکُمْ واَیْدِیَکُمْ الی المَرافِقِ وامْسَحوا بِرُؤسِکُمْ وَاَرْجُلَکُمْ اِلی الکَعْبَیْنِ) ★ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام کاتێ ویستتان راست بنەوە بۆ بەجێهێنانی نوێژەکانتان روخسارو دەموچاوتان بشۆرن ، کە لە پانیدا مابەینی هەردوو گوێتانە وە لە درێژیدا مابەینی جێگەی رووانی مووی سەرتانە هەتا ئاخری ئێسکی چەناکەتان ، وە لە پاش شۆرینی روخسار دەستەکانتان بشۆرن لەگەڵ ئەنیشکتانا وە بە ئاوی تازە مەسحی سەرتان بکەن کەم بێ یا زۆر . وە پێکانتان بشۆرن هەتا ئەگاتە هەردوو قولاپەکانتان .

★ (واِنْ کُنْتُمْ جُنُباً فاطَّهَروا) ★

وە ئەگەر جەنابەت هاتبوو بەسەرتانا ، واتە لەشتان پیس بوو ئەوە خۆتان بشۆرن .

★ (واِنْ کُنْتُمْ مَرْضی اَوْ علی سَفَرٍ اَوْ جاءَ اَحَدٌ مِنْکُمْ مِنَ الغائِطِ اوْ لامَسْتُمُ النِّساءَ فَلَمْ تَجِدوا ماءً فَتَیَمَّموا صَعیداً طَیِّباً) ★

وە ئەگەر نەخۆش بوونو نەتانئەتوانی ئاو بەکاربێنن لەبەر سەرما ـ مەسەلا ـ . یاخود لە سەفەرا بوونو ئاوتان دەس نەدەکەوت . خواە ئەم سوورەتانەدا لەشتان پیس بێ یا بێ دەسنوێژ بن . وە یاخود یەکێ لە ئێوە لەسەر ئاو هاتەوەو بێدەسنوێژ بو ، یاخود دەستان دا لە پێستی ژنان وە بێ دەسنوێژ بوون . وە یاخود جیماعتان کرد لەگەڵیانا وە ئاوتان دەست نەکەوت بەکاری بێنن بۆ لابردنی بێ دەسنوێژی یا لەشپیسی ئەوە لە هەموو ئەم سوورەتانەدا قەسدی هەڵگرتنی گڵێکی پاك بکەن .

★ (فامْسَحوا بِوجوهِکُمْ واَیْدِیکُمْ مِنْهُ) ★ :

وە بەو تۆزەوە دەست بێنن بە دەموچاوناناو دەستانا لەو گڵە پاکە •

★ (ما يُرِيدُ اللهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ ولكنْ يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ) ★ :

خوای تەعالا نایەوێ کە زەحمەت بخاتە سەرتان بە نەوعێ ئازارتان بدا ، بەڵام ئەیەوێ کە پاکتان بکاتەوە لە لەشپیسیو بێدەسنوێژیو ئەیەوێ دڵتان پاك بکاتەوە لە فەسادی مەعنەویو لە رەزیلەو چڵکی نەفسی •

★ (ولِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ) ★ :

وە خودای تەعالا بەم تەشریعاتە کردوویەتی ئەیەوێ نیعمەتی خۆی تەواو بکا لەسەر ئێوە •

★ (لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) ★ (٦) :

ئومێد هەیە کە ئێوە بین بە ئینسانێکی وەها سوپاسی خودا بکەن لەسەر نیعمەتی ئیسلامو نیعمەنی دامەزراندنی دین لە جیهانا . وە لەسەر ئەوەیش کە خود: ئەم ئادابەی بۆ باس کردوونو ئەم روخسەتانەی پێداون •

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : زاهیری ئایەتەکە ئەمە ئەگەیەنێ کە واجبە لەسەر هەرکەس هەستێ بۆ نوێژ دەسنوێژ بگرێ ؛ چونکی ئەمر بە زاهیر بۆ وجووبە (مع انه) ئیجماع لەسەر خیلافی ئەوەیە • وە ریوابەتکراوە کە : حەرزەت (د) لە رۆژی فەتحی مەککەدا هەر پێنج فەرزەکەی بە یەك دەسنوێژ کرد ، وە حەزرەتی عومەر عەرزی کرد : ئیمرۆ شتێکت کرد کە لەسەر عادەتی جارانت نەبوو ، فەرمووی : بە عەمدی وەهام کرد • مەعنای وەهایە بۆ دەرخستنی ئەوە کە دروسنە بە یەك دەسنوێژ چەن نوێژ بکرێ وای کرد • کەوابێ موناسب وایە ئەم ئایەتە خیتاب بێ لەگەڵ بێدەسنوێژەکانا بە

فەرینەی حاڵ وە بە دەلیلی ئەوە کە تەیەمومکردن کە بەدەلی دەسنوێـــزە مەشرووطە بەوە کابرا بێ دەسنوێژ بێ (مع العلم) کە دەسنوێژ لەســەر دەسنوێژ (نور علی نور)ە •

دووەم : ئەمەیە کە کەلیمەی (الی) لە (الی المرافق)دا بە مەعنــای کەلیمەی (مع) ئیستیعمالکراوە لەم شوێنەدا ، وە دەلیـلی ئەوەیـــە کە حەزرەت (د) لە کاتی شۆرینی دەستەکانیا هەردوو ئەنیشکی شۆریوە •

سێهەم : ئەمەیە لە لای مەزهەبی ئیمامی شافیعی (خ) لە مەسحی سەردا ئیکتیفا ئەکرێ بە کەمتر میقدارێ ؛ چونکە (ب) لــــە (برؤسکم)دا یا زیادەیە یا بۆ (تبعیض)ە بە هەر حاڵ بە هەر ئەندازەیەك مەسحی ســەر بکرێ کافیە هەرچەند باش وایە هەمووی مەسح بکەن هەتا لە موخالەفەی باقی ئیمامەکان دەربچین •

چوارەم : (وارجلکم) بە نەصبەی لام مەعطووفە لەسەر (ایدی)و ئەکەوێتە بەر ئەمر بە غوسڵ ، وە (بناء علیه) شۆرینی هەردوو پێ هەتا هەردوو قولاپەکان فەرزە بە دەلیلی سونەتو رەفتاری پێغەمەر (د) چونکی لە ریوایەتی بێ موعارەضەدا دەرنەکەوتوە کە پێی مەسح کردبێ بە رووتی لە دەسنوێژا • وە لە گەلێ ریوایەتا بە بێ موعارەضە سابت بوە کە حەزرەت هەردو پێکانی شۆردوە لە دەسنوێژا • هەروا سابت بوە کە جارێ چاوی کەوت بە شەخسێ دەسنوێژی گرتو میقدارێ لــــە پێی نەشۆرابوو وە حەزرەت (د) بانگی کرد : (ویل للاعقاب من النار اسبغوا الوضوء) واتە هاوار بۆ ئەو کەسانە کە پاژنەیان ناشۆرن لە عـــەزابی ئاگری دۆزەخ ، دەسنوێژتان باش بگرن • وە زیاد لەمانە خودای تەعـــــالا فەرموویەتی (وارجلکم الی الکعبین)وە وجوودی تەحدید دەلیلە لەسەر ئـــــەوە کە مەقصوود شۆرینی پێکانە نەك مەسح کردنیان •

(وارجلکم) ـ بە جەڕەی لام ـ کە ئەویش قیرائەتێکی سابتە ، یا ئەیهاوینە سەر جەڕەی جیوار وەکو (عذاب یـــوم الیم) کە (الیم)

مەجروور کراوە لە بەر موجاوەرەی (یوم) هەرچەند حەقی رەفعەیە لەبەر ئەوە بە صیفەتی (عەذاب) واقیع بوە • یاخود حەملی ئەکەینە سەر مەسحی هەردوو پێ لە کاتێکا داپۆشرابن بە (خوف) واتە شۆرینی هەردوو پێ بە رووتیو مەکشووفی وە مەسحی هەردوو پێ لە وەختی داپۆشرانیانا بە (خوف) چونکی روونکردنەوەی قورئانی پیرۆز دراوە بە حەزرەت (د) وە ئەگەر مەقسوود لەو ئابەتە مەسحی هەردوو پێ بوایە پێویست بـــو ئەوەنـــدە حەزرەت (د) مەسحی پێ بکا لــــــە کاتی دەسنوێژگرتنا کە ئەصحابەکان بە ئاشکرا لەو رەفتارە ئاگادار ببوایەن •

پێنجەم : قورطوبی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی : (سدی)و زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێن : مەعنای ئەم ئایەتە وایە (اذا قمتم من المضاجع یعني النوم) وە مەقصوود لەم تەئویلە ئەمەیە کە ئەسبابی بێ دەسنوێژی بەیان بکرێن . وە بە تایبەتی نوستن کە جێگەی ئیختیلافە دەربکەوێ کە هۆی بێدەسنوێژیە ، وە بە گوێرەی ئەم تەئویلە لەم ئایەتــەدا تەقدیمو تەئخیر هەیە وە تەقدیری ئایەتەکە وا ئەبێ : (یا ایها الذین آمنوا اذا قمتم الی الصلوة من النوم او جـــاء احـــد منکم من الغائط او لامستم النساء فاغسلوا ••)وە مەقصوود لەم مولامەسەیە مولامەسەی بچووکە ، یانی دەس‌لێدانێ کە دەسنوێژ ئەشکێنێ • وە لەسەر ئـــەم بەیانـــە ئەحکامی (محدث) بە حەدەثی ئەصغەر لێرەدا تەواو بوو • جا خودای تەعـــالا فەرمووی (وان کنتم جنبا فاطهروا) ئەم ئایەتەیش بۆ بەیـــانی حوکمی جەنابەت بوو ، ئەمجار بۆ هەردوو نەوعەکە یانی بێ‌دەسنوێژو لەشپیس فەرمووی : (وان کنتم مرضی او علی سفر فلم تجدوا ماء فتیمموا صعیدا طیبا)وە محەمەدی کوری (مسلمه) لە ئەصحابی مالیك ئـــەم تەئویلەی فەرموە لەگەڵ کۆمەڵێ لە زانایاندا •

وە جومهووری ئەهلی عیلم فەرموویانە : مەعنای ئەم ئایەتە وایـــە (اذا قمتم الی الصلوة محدثین)وە لەم کاتەدا تەقدیمو تەئخیر نیە لـــــەم

ئایه‌ته‌دا ، به‌ڵکو له ئه‌وه‌ڵه‌وه حوکمی ئه‌و که‌سانه به‌یان ئه‌کا که ئاویان له‌ ده‌ستایه هه‌تا ئه‌گاته (فاطهروا)وه مولامه‌سه‌ی بچووك که ده‌سکه‌وتنه له ژن وا له ناو مه‌عنای (محدثين)دا ، پاش ئه‌مه حوکمی ئه‌و که‌سانه که‌ ئاویان ده‌س‌ناکه‌وێ له هه‌ردوو نه‌وع ، واته بێ‌ده‌سنوێژو له‌شپیس • وه مولامه‌سه له جومله‌ی (او لامستم النساء) بۆ به‌یانی مولامه‌سه‌ی گه‌وره‌یه که جیماعه • ئه‌م ته‌ئویله ته‌ئویلی ئیمامی شافیعی‌و غه‌یری ئه‌ویشه ، وه قورطوبی ئه‌فه‌رموێت : (قلت : وهذان التأويلان احسن ما قيل في الآية • والله أعلم) •

★ (وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ) ★ .

ئه‌ی موسوڵمانه‌کان ! باسی نیعمه‌تی خودای ته‌عالا بکه‌ن با خوداتان بخاته‌وه بیرو راتان‌په‌ڕێنێ بۆ سوپاس •

★ (وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُمْ بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) ★ :

وه باسی ئه‌و عه‌هدو په‌یمانه‌ی خودا بکه‌ن که له‌گه‌ڵ خۆشه‌ویستیا داتان‌به‌ست له‌سه‌ر گوێگرتن‌و به‌جێهێنان له خۆشی‌و ناخۆشیدا له‌و کاته‌دا که وتتان (سمعنا واطعنا) •

★ (وَاتَّقُوا اللهَ) ★ :

له خودا بترسن‌و نیعمه‌تی خوداو عه‌هدو میثاقی پێغه‌مه‌ری ئیهمال مه‌که‌ن وه ئه‌و په‌یمانه تێك‌مه‌ده‌ن •

★ (إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) ★ (٧) :

به راستی خودای ته‌عالا زانایه به ورده خه‌یالاَنی دڵی ئینسان چ جای کرده‌وه‌ی به‌رچاو ، وه جه‌زاتان ئه‌داته‌وه له‌سه‌ر ئه‌وانه •

★ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ) ★ :

ئه‌ی که‌سانێ که ئیمانتان هێناوه به دینی ئیسلام ! ئینسانی له‌سه‌ر حه‌ق راوه‌ستاو بن وه شه‌هاده‌ت بده‌ن به راستی •

★ (ولا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ على اَلاَّ تَعْدِلوُا) ★ :
با حەملتان نەكا دوژمنیو عەداوەتتان لەگەڵ قەومی موشریكـەكان لەسەر ئەوە كە عەدالەتو راستكاری نەكەن نە گەڵیانا •
★ (اِعْدِلوُا هُو اَقْرَبُ لِلتَّقْوى) ★ :
میانەكاریو راستكرداریتان بێ لەگەڵ خەڵكدا وە ئەم عەدالەتكاریە نزیكترە بە تەقواو پارێزگاری •
★ (واتَّقوا اللهَ) ★ :
لە خودا بترسن •
★ (اِنَّ اللهَ خَبيرٌ بِما تَعْمَلونَ) ★ (٨) :
بە راستی خودا خەبەرداره بەوەی كە ئێوە ئەیكەنو جەزاتان ئەداتەوە لەسەر خێرو شەڕ •
★ (وعَدَ اللهُ الَّذينَ آمَنوا وعَمِلوا الصّالِحاتِ لَهُمْ مَغْفِرةٌ واَجْرٌ عَظيمٌ) ★ (٩) :
خودای تەعالا وەعدەی داوە بەوانەی كە ئیمانیان هێناوەو كردەوەی باش ئەكەن بەوە كە چاوپۆشیی لە تاوانو تۆڵەی گەورەیان هەیە •
★ (والَّذينَ كَفَروا وكَذَّبوا بِآياتِنا اولئِكَ اَصْحابُ الْجَحيمِ) ★ (١٠) :
وە ئەو كەسانەیش كە ئینكاری خوداو پێغەمەری خودا ئەكەنو بێ باوەڕی دەرئەبڕن بە ئایاتی ئێمە ئەوانە هەمیشە وان لە جەهەننمداو لێی جیا نابنەوە •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا اذكروا ...)

ریوایەتكراوە كە موشریكەكان لە واقیعەی (عسفان)دا چاویان كەوت بە پێغەمەر (د)وە ئەصحابەكانی هەستـان بۆ نوێژی نیوەڕۆو نوێژەكەیان بە جەماعەت تەواو كرد وە لە فەوتانی ئەم هەلە زۆر دڵگران

بوونو بڕیاریان دا کە لە نوێژی عەسرا هێرش بەنە سەریان جا خودای تەعالا لە پێش نوێژی عەسرا ئایەتی نوێژی خەوفی نازڵکرد هەتا حەزرەت (د) لەگەڵ ئەصحابەکانیا ئاگادار بوونو تەرتیبی خەڵکەکەی دا بە نەوعێ پارێزران لەو موصیبەتە • جا خودا فەرمووی :

★ (یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنوا اذْکرُوا نِعْمَةَ الله عَلَیْکُمْ اِذْ هَمَّ قَوْمٌ اَنْ یَبْسُطوا اِلَیْکُمْ اَیْدِیَهُمْ فَکَفَّ اَیْدِیَهُمْ عَنْکُمْ) ★ :

واتە : ئەی، کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە باسی ئەو نیعمەتی خـودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە کۆمەڵێ ویسنبان دەستیان راکێشن بـۆ سەرتانو ئازارتان بدەنو بتانکوژن وە خودای تەعالا مەنعی دەستی ئەوانی کرد لێتان •

★ (واتَّقُوا اللهَ) ★ :

وە لە خودا بترسن •

★ (وعلی اللهِ فَلْیَتوَکَّلِ المُؤْمِنونَ) ★ (١١) :

وە پێویستە موسوڵمان هەر ئیعتیماد لەسەر خودا بکەن •

★ (ولَقَدْ اَخَذَ اللهُ مِیثاقَ بَنِي اِسرائیلَ) ★ :

بزانن کە بە راستی خودای تەعالا پەیسانی لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت بە هۆی موسای عیمرانی پێغەمەری خۆیەوە •

★ (وبَعَثْنا مِنهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقیباً وقالَ اللهُ . اِنِّي مَعَکُمْ) ★ :

وە دوازدە ئینسانی بە حورمەتمان لە ئەسباط هەڵبژاردو ناردنمـان بۆ تاقیقی ئەحواڵی (عەمالیقە)و میزانی هێزیان ـ وە لە پاش هاتنەوەیان بۆ لای موسا خودای تەعالا فەرمووی : بە راستی من وام لەگەڵ ئێوەدا بە زانیاریو تەواناییو دەستگرۆییو یارمەتیدانتان •

★ (لَئِنْ اَقَمْتُمُ الصَّلوةَ وآتَيْتُمُ الزَّكوةَ وآمَنْتُمْ بِرُسُلي وعَزَّرْتُموهُمْ وَاَقْرَضْتُمُ اللهَ قَرْضاً حَسَناً) ★ :

وە پێموتن بە راستی ئەگەر ئێوە نوێژەکانتـان بەجێبێنن‌و زەکاتی دارایی خۆتان بدەن بە داماوەکانتان‌و ئیمانتان ببێ بـە پێغەمەرەکانم کە ئەیان‌نێرم بۆ سەرتان ، وە بە ماڵ‌و نەفس هێزیان پێ‌بدەن وە لە دارایی خۆتان قەرز بدەن بە خودا بە قەرزێکی جوان کە قەرزێکە سوودی لەسەر نەبێ‌و بدرێ بە داماوان وە یا سەرف بکرێ بۆ مەسرەفی سوپا لە جیهادا •

★ (لاُكَفِّرَنَّ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ ولاُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْري مِنْ تَحْتِها الاَنْهارُ) ★ :

ئەوە لە پاداشی ئەو کردەوە باشانەو ئەو بیرو باوەڕە پەسـەندە گوناحەکانتان دائەپۆشم‌و لە رۆژی قیامەتا ئەتانخەمە ئەو بەهەشتانە کە لە بنی دارەکانیانەوە جۆبار رەوان ئەبێ •

★ (فَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَـوَاءَ السَّبِيلِ) (١٢) :

جا پاش ئەمە هەرکەس لە ئێوە کافر ببێ‌و هەڵگەڕێتەوە بۆ سـەر بێ‌باوەڕی‌و نامەردی ئەوە با بزانێ کە رێگەی راستی ونکردوە •

★ (فَبِما نَقْضِهِمْ مِيثاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وجَعَلْنا قُلوبَهُمْ قاسِيَةً) ★ :

جا لەبەر ئەوە کە پەیمانی خودایان تێك دا دوورمان خستنەوە لـە رەحمەتی خۆمان‌و ، دڵ ـ کە پاشای وجوودی ئادەمیزادە ـ رەشمان‌کردەوە بە نەوعێ کە بە ئەنوار رووناك نەبێتەوە • وە لەبەر خۆ گرتنیان لەسـەر ناباری حاڵیان وای لێ‌هات •

★ (يُحَرِّفونَ الكَلِمَ عَنْ مَواضِعِهِ) ★ :

کە کەلیماتی خودایی ؛ ئە لە خوداوە نازڵ بووبوون بۆ رەفتارپێکردنو وەرگرتنی پیرۆزی هەردو دونیا •• دوورئەخستەوە لە مەعناکانی خۆیان بە تەئویلاتی فاسیدە ؛ وە یا هەر ئەیانکرِان لـــە نەفسی شوێنی خـــۆیاو کەلیمەیەکی تریان لە جێگەدا دائەنا •

★ (ونَسُوا حظّاً مِمّا ذُكِّرُوا بِهِ) ★ :

وە بە هۆی ئەم لابردنی کەلیماتە لـــــە جێگەی خـــــۆیانا وە یـــا مەعنالێدانەوەیان بە غەیری مەعنای دامەزراوی خۆیان بەشێکی زۆریـــان لە بیر چووەوە لەو ئادابو ئامۆژگاریو خێرو بەرەکاتە کە ئەو کەلیماتـــە ئەیانگەیاندن •

★ (ولا تَزَالُ تَطَّلِعُ على خَائِنَةٍ مِنْهُمْ اِلاّ قَلِيلاً مِنْهُمْ) ★ :

وە بە جۆرێ ئەو ئامۆژگاریە ناهەموارانە لە ناویانا دامەزراوە پشت بە پشت ئەگەڕا لە ناویانا وە لە باوکەوە ئەهات بۆ کوڕەکان ئیستەیش تۆ هەر ئاگادار ئەبی لەسەر بیرو باوەڕی خەیانەتو کردەوەی خەیانەت وە یا لەسەر کۆمەڵێکی خەیانەتبار لەوان مەگەر کەمێ لەوان یا مەگەر کەمێ جار •

★ (فاعْفُ عَنْهُمْ واصْفَحْ) ★ :

جا لەگەڵ ئەو ناپیاویو خەیانەتکاریە کە هەیانە تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست عەفویان بکەو چاوپۆشی بکە لە حاڵیان • جا یا لە بەر ئەوە کە ئەو کاتە کاتی موعاهەدە بوە لە بەینی حەزرەتو بەینی یەهوودا ؛ وە یاخود هەر لەو کاتەدا حەزرەت مەئسوور بوە بە چاوپۆشی هەتا ئایەتی (سەیف) نازڵ بوە •

★ (اِنَّ اللّهَ يُحِبُّ المُحْسِنِينَ) ★ (١٣) :

ئەم جوملە دەلیلە بۆ مافەبلەکەی ، واتە : چونکی بە راستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە ئیحسانو نیکوکاری ئەکەن •

★ (ومِنَ الَّذِينَ قالوا اِنَّا نَصارى اَخَذْنا مِيثاقَهُمْ) ★ :

واتە هەر وەکو میناقو پەیسانسان وەرگرت لە یەهوود بە هۆی موساوە • پەیمانیشسان وەرگرت لە گاورەکان بە واسیطەی عیساوەو لە ئینجیلدا ئایەتی موژدە بە هاتنی محەمەد بە پێغەمەرایەتی بۆ ئەهلی ئاخرزەمان نازڵ کراو عیسا خوێندیەوە بەسەریاناو بڕیاری ئەوە درا کە ئیمان بێنن بە محەمەد (د) لە کاتی هاتنیا بۆ لایان •

★ (فَنَسُوا حَظّاً مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ) ★ :

کەچی ئەو نەصرانیانە بەشێکی گەورەیان لەو میثاقە فەرامۆش کرد کە ئیسانهێنان بوو بە حەزرەتی محەمەد (د) •

★ (فاَغْرَيْنا بَيْنَهُمُ العَداوَةَ والبَغْضاءَ الى يَوْمِ القِيامَةِ) ★ :

ئێمەیش لە جەزای ئەو فەرامۆشکاریەدا هاتین دوژمنایەتیو کینەمان هاویتە ناویانەوە هەتا رۆژی قیامەت • وەکو مەعلوومە کە عەداوەت هەیە لە بەینی (نسطوريه)و (يعقوبيه)و (ملكانبه)دا وە هەرکام لەمانە زۆر عاجزە لەوانی تریان •

★ (وسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللهُ بِما كانُوا يَصْنَعونَ) ★ (١٤) :

وە لە پاشەڕۆژیشا خودا خەبەرداریان ئەکا بەوەی کە لە عالەمی دنیادا کردوویانە •

★ (يا اَهْلَ الكِتابِ قَدْ جاءكُمْ رَسولُنا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثيراً مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفونَ مِنَ الكِتابِ ويَعْفُوا عَنْ كَثيرٍ) ★ :

ئەی ئەهلی تەوراتو ئەهلی ئینجیل ! یانی ئەی یەهوودو ئەی نەصارا بە راستی لە لای ئێمەوە پێغەمەر رەوانە کرا وەکو (محمد المصطفى)بێ

کە بۆتان روون ئەکاتەوە گەلێ باس لەوانەی کە ئەتانشاردەوە وەکــو سیفاتی محەمەد (د)و ئایەتی رەجمو سەنگەسارکردنی زانی لــە تەوراتدا وەکو موژدەدانی عیسا بــە هـــاتنی (محمد المصطفی) لە ئینجیلدا وە گەلێکیشیان باس ناکاو سەرفی نەزەریان لێ ئەکا •

★ (قَدْ جاءَكُمْ مِنَ اللهِ نورٌ وكِتابٌ مُبِينٌ) ★ (١٥) :

وە بزانن بە راستی هات بۆتان لە لایەنی خوداوە نووریێو چرایەکی جیهانگیر کە حەزرەتی محەمەد بێو کتێبێکی ئاشکرا وەکو قورئان بێ •

★ (يَهْدِي بِهِ اللهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوانَهُ سُبُلَ السَّلامِ) ★ :

وە خودای تەعالا هیدایەت ئەدا بەو کیتابە کە ناردوویەتی بۆ لای محەمەد (د) ئەو کەسانە کە تابیع ئەبن بە رێگەی رەزامەندی خودا بۆ ئەو شتانەو ئەو کردەوانە کە ئینسان ئەگەیەنن بە سەلامەتی لە عەزابی قیامەت •

★ (ويُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ اِلَى النُّورِ) ★ :

وە ئەو کیتابە دەریان ئەکا لە تاریکی چەند نەوعی گومڕاهی بــۆ لای رووناکیو گەیشتن بە رەحمەتی خودا •

★ (بِاِذْنِهِ) ★

بە هۆی ئیزنو خواستی خوداوە •

★ (ويَهْدِيهِمْ اِلَى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ) ★ (١٦) :

وە ئەو کیتابە ئەو ئادەمیزادانە شارەزا ئەکا بــۆ رێگەی راستی ئینسان کە بیرو باوەڕی پەسەندو کردەوەی خاوەن بارەو سوودو پیرۆزی لە دنیا وە بەشو بارەی بەرزە لە پاشەڕۆژا •

★ (لَقَدْ كَفَرَ الذِينَ قالُوا اِنَّ اللهَ هُوَ المَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ) ★ :

بە راستی کافرن ئەو کەسانە کە ئەڵێن خودای ئێمە مەسیحی کوڕی مەریەمە •

★ (قُلْ : فَمَنْ يَمْلِكُ مِنَ اللهِ شَيْئاً إِنْ أَرادَ أَنْ يُهْلِكَ المَسيحَ ابنَ مَرْيَمَ وأُمَّهُ وَمَنْ في الأَرْضِ جَمِيعاً ؟) ★ :

تۆ ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، بڵێ بەو گاورە بێسەلیقەو بێ هۆشانە : ئەگەر عیسای مەسیح خودا بوایەت بە تەنیا یا لەگەڵ مەریەمی دایکیا ئەبو کەس نەیتوانیایە بیانکوژێ یا زیانێکیان لێ بدا ، یا ئەگەر کەسێ بهاتایێ بۆ زیانپێگەیاندنیان ئەبو قودرەتو هێزی مودافەعەو چارکردن وە یا تۆڵەسەندنەوەیان ببوایە لەو کەسە ئیستە پێم بڵێن : کێ مالیكو خاوەنی ئینتیقامە لە خودا ئەگەر خودا بیەوێ کە مەسیحی کوڕی مەریەمو دایکی بفەوتێنێ وە یا هەموو ئەهلی سەر عەرز بفەوتێنێ ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە بڵێن کەس نیە کە بتوانێ ئینتیقام بستێنێ • جا کە مادام وایە تۆزێ بیر بکەنەوەو لە وتاری نابارو ناهەموار بکەونو ئەم قسانە مەکەن •

★ (وللهِ مُلْكُ السَّمواتِ والأَرْضِ وما بَيْنَهُما) ★ :

تەنها هەر بۆ خودایە دەستەڵاتو خاوەنداری ئاسمانو عەرزو هەرچی وا لە ناو بەینیانا •

★ (يَخْلُقُ ما يَشاءُ) ★ :

هەرچی خواستی لێی هەبێ دروستی ئەکا •

★ (واللهُ على كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) ★ (١٧) :

وە بە راستی خودا قودرەتو هێزی هەیە بەسەر هەر شتێکی وا خواستی لێ هەبێ •

★ (وقالَتِ اليَهودُ والنَّصارى : نَحْنُ أَبْناءُ اللهِ وأَحِبَّاؤُهُ) ★ :

جوولەکەکان ئەڵێن : ئێمە کوڕی خوداینو خۆشەویستی خوداین ، هەروا گاورەکانیش وا ئەڵێن •

★ (قُلْ : فَلِمَ يُعَذِّبُكُمْ بِذُنوبِكُمْ ؟) ★ :

تۆ ـ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ـ بڵێ پێیان : ئەگەر ئەم قسەی ئێوە راست بوایە هەرچیتان بکردایە لـە گوناهو تاوان چاوپۆشیتان لێ ئەکراو نە لە دنیاداو نە لە قیامەتا عەزابتان نەئەدرا ؟ کەچی لـە دنیـاو لە قیامەتا حەقتان لێ ئەستێنێ • دەی بۆچی ئەمە وەهایە ؟ وە یاخود ئەگەر قسەکەتان راست بوایە قەت لە ماوەی ژیانا بێ ئەمری خوداتان نەدەکـرد هەتا لە قیامەتا عەزابتان بدا • کەچی لە دنیادا گەنێ گوناهو کـردەوەی ناهەموار ئەکەن •

★(بَلْ اَنْتُمْ بَشَرٌ مِمَّنْ خَلَقَ) :

نەخەیر ئێوە نە کوڕی خوداتو نە خۆشەویستی ئەون ئەوەندە هەیە ئێوەیش ئادەمیزادێکن لەوانەی کە خودا دروستی کردوون •

★ (يَغْفِرُ لِمَنْ يَشاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشاءُ) ★ :

لە هەرکەسێ خواستی هەبێ عەفوی ئەکا وە هەرکەسێکیش خواستی هەبێ عەزابی ئەدا •

★ (وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمواتِ والاَرْضِ وما بَيْنَهُما وَاِلَيْهِ المَصيرُ) ★ (١٨) :

هەر بۆ خودایە موڵکی ئاسمانو عەرزو هەرچی وا لەناو بەینیانا وە هەر بۆ لای خودایشە گەڕانەوەی ئەوانو غەیری ئەوان •

★ (يا اَهْلَ الْكِتابِ قَدْ جاءَكُمْ رَسولُنا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلى فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ) ★ :

ئەی خاوەن کتێبەکان ئەی یەهوودو نەصارا ! ئـەوا بـە راستی پێغەمەری ئێمە کە محەمەدە هات بۆ لاتانو بەیانی ئەحکامی خوداتان بۆ

ئەکا چ لە بیرو باوەڕاو چ لە کردەوەدا وە لە کاتێکیشا کاتی نەبوونی ڕەهبەر بوەو عەرەبستانو ئەترافی عەرەبستان هیچ پێغەمەری تێدا نەبوە •

★ (اَنْ تَقولُوا : ما جاءَنا مِنْ بَشيرٍ ولا نَذيرٍ) ★ :

مەبادا بڵێن کەس نەهاتوە بۆ لامان نە ڕەهبەرێکی موژدەدەرو نە ڕەهنومایەکی ترسێنەر •

★ (فَقَدْ جاءَكُمْ بَشيرٌ وَنَذيرٌ) ★ .

ئەوا پێغەمەری موژدەدەرو ترسگەیێن هات بۆ لاتان بۆ ئەوە کە لە پاشەڕۆژا هیچ عوزرێکتان نەبێ بە دەستەوە •

★ (واللهُ على كُلِّ شَيءٍ قَديرٌ) ★ (١٩) :

وە خودای پەروەردگار تەوانایە بەسەر هەموو شتێکداو ئەتوانێ کە پێغەمەران یەك بە شوێنی یەکا ڕەوانە بکا وەکو ئەتوانێ تەرکی ئەوە بکا •

ریوایەتکراوە لە بەینی زەمانی موساو زەمانی عیسادا (د) هەزارو حەوصەد ساڵ بوە تەقریبەن ، وە لەو ماوەدا دەوری هەزار کەس لە ڕەهبەران ڕەوانەکراون کە هەموو ڕەفتاریان کردوە بە تەوراتو بەنی ئیسرائیلیان بانگکردوە بۆ طاعەتی خوداو لە بەینی حەزرەتی عیساو حەزرەتی محەمەدا شەشصەدو شەصت ساڵ بوەو لەو ماوەدا سێ کەس لە ڕەهبەرانی بەنی ئیسرائیل ڕەوانەکراونو یەك کەس لە عەرەب ڕەوانەکراوە کە خالیدی کوڕی سنانی عەبەسی بوە ئیتر بۆ عەرەبەکان ڕەهبەر نەبوە •

بزانن ! لە جوملەی (ان تقولوا ما جاءنا ٠٠٠)وە دەرئەکەوێ کاتێ کە خودای تەعالا ڕەهبەر ڕەوانە نەکاو ماوەی بێ ڕەهبەری زۆر بێ بە نەوعێ کە ئەحکامی پێغەمەری پێشوو ون بووبێ ئیتر ئادەمیزاد موکەللەف نینو عوقووبەتی قیامەتیان نابێ وەکو لە گەلێ ئایەتو حەدیثا ئەم مەقسوودە دەرئەکەوێ •

★ (واِذ قال موسی لِقَوْمِهِ : یا قَوْمِ اذْکرُوا نِعْمَةَ اللهِ علَیْکُمْ اذْ جعَلَ فِیکُمْ انْبیاءَ وجَعلَکُمْ مُلوکاً وآتاکُمْ ما لَمْ یُؤْتِ احداً مِنَ العالمَینَ) ★ (٢٠) :

باسی ئه‌وه بکه ـ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست ـ که موسا فه‌رمووی به قه‌ومه‌که‌ی خۆی ، که به‌نی ئیسرائیل بوون : ئه‌ی قه‌ومی خۆم باسی نیعمه‌ت‌و ره‌حمه‌ت‌و که‌ره‌می خودا بکه‌ن له‌سه‌ر خۆتان که له ناو ئێوه‌دا چه‌ند پێغه‌مه‌ری ره‌وانه‌کرد له خۆتان بۆ ئه‌وه که ته‌می‌و ته‌ربیه‌تتان بکات بۆ ئومووری عیباده‌ت‌و سه‌عاده‌تی قیامه‌ت ، وه چه‌ند پیاوی ده‌سترۆیشتوویشی دروست کرد له ناو ئێوه‌دا‌و له ژێر چه‌پۆکه‌ی بێگانه ده‌رچوون • وه به‌م شێوه ته‌فریبه‌ن له ناحیه‌ی ماده‌و مه‌عنادا بێ‌نیاز بوون له خه‌ڵکی تر • وه ئه‌وه‌یشی پێدان له موعجیزات‌و له رێژه‌نی نیعمه‌تی خۆی وه‌کو جیاکردنه‌وه‌ی ئاوی روباری نیل به نه‌وعێ که عوبوور بکرێ به رێگه‌ی بێ‌ئاوا‌و سێبه‌رکردنی هه‌ور به سه‌رتانا وه بارانندنی گه‌زۆ‌و په‌له‌وه‌ری شه‌لاقه به سه‌رتانا که ئه‌م نیعمه‌تانه‌ی نه‌داوه به هیچ تائیفه‌یێ له زه‌مانی ئێوه‌دا •

بزانن ! که‌لیمه‌ی (مولووك) له‌م ئابه‌ته پیرۆزه‌دا یا ئه‌بێ به مه‌عنا پیاوی به حورمه‌ت‌و خانه‌دان بێ وه‌کو له ته‌فسیره‌که‌یا وتم وه یا ئه‌بێ ئیخبار بێ له لایه‌نی موساوه به‌وه‌ی له موسته‌قبه‌لدا ئه‌بێ ئه‌گه‌رنا له پێش موسادا مولووك له به‌نی ئیسرائیلدا نه‌بوون •

★ (یا قَوْمِ ادْخُلوا الارْضَ المُقَدَّسَةَ التي کَتَبَ اللهُ لَکُمْ) ★ :

ئه‌ی قه‌ومی خۆم برۆن بۆ ناو ئه‌و عه‌رزه پیرۆزه که خودا بڕیاری داوه بۆ ئێوه به مه‌رجی فه‌رمانبه‌رداری بۆی که بریتیه له خانووی (بیت المقدس)و ئه‌ترافی ئه‌و به‌یته که پیرۆز بوه به‌وه که بوه به قه‌رارگاو ئارامگای پێغه‌مه‌رانی به‌نی ئیسرائیل •

★ (ولا ترتدوا على أدبارکم) ★ :

وە پاشەوپاش مەگەڕێنەوە لـــە بیمی کەنعانیەکانو مەترسن لـــەو جەبابیرانە • یاخود وەرمەگەڕێنەوە لە دینەکەی خۆتان •

★ (فتنقلبوا خاسرین) ★ (٢١) :

تا واتان لێ بێ کە حەسارەتی هەردوو جیهان ببێ بە بەشتان لـــە لایەکەوەو نافەرمانی خودا بکەنو موستەحەقی عەزاب بین ، وە لـــە لایەکیشەوە دوژمنەکان بە چاوی بێ نرخی بڕوانن بۆتـــانو لـــە بەشی دنیایشتان مەحرووم‌و نائومێد بین •

★ (قالوا : یا موسى إن فیها قوماً جبارین) ★ :

ئەوانیش لە وەڵامی حەزرەتی موسادا وتیان : ئەی موسا بە راستی ئومەتێکی ستەمکارو زۆردار وان لەو عەرزە موقەددەسە پیرۆزەدا •

★ (وإنا لن ندخلها حتى یخرجوا منها) ★ :

وە ئێمە بە راستی ناچینە ئەو عەرزە مادام ئەو قەومەی تێدا بێ هەتا دەرئەچن لێی •

★ (فإن یخرجوا منها فإنا داخلون) ★ (٢٢) :

جا ئەگەر دەرچوون لەو عەرزە پاش ئەوە ئێمە تێی ئەچین •

★ (قال رجلان من الذین یخافون أنعم الله علیهما : ادخلوا علیهم الباب) ★ :

لەو کاتەدا دوو پیاوی بەنی ئیسرائیلی لەوانە کە لە خودا ئەترسن‌و خودا نیعمەتی خۆی رژاندوە بە سەریانا کە ناویان (کالب)و (یوشع) بو وتیان : ئەی بەنی ئیسرائیلی مەترسن‌و هێرش ببەن بۆ سەریانو بڕۆنە ناو دەرگای شوورای شارەکەیانەوە •

★ (فاِذا دَخَلْتُموه فاِنَّكُمْ غالِبُونَ) ★ :

وه مادام ئێوه رۆیشتن‌و چوونه ناو دەرگای شوورای شارەکەیان ئیتر ئێوه زاڵ ئەبن به سەریانا •

★ (وعلى الله ِ فتَوَكَّلوا اِنْ كُنْتُمْ مُؤمِنينَ) ★ (٢٣) :

هەر لەسەر خودای تەعالا ئیعتیساد بدەن ئەگەر به راستی موسوڵمانن •

★ (قالُوا : يا موسى اِنَّا لَنْ نَدْخُلَها اَبَداً ما دامُوا فِيها) ★ :

بەنی ئیسرائیلیەکانیش بـــه رەغمی فەرموودەی حەزرەتی موساو ئامۆژگاری ئەو دوو کەسە خاوەن ئیمانە وتیان : ئەی موسا بـه راستی ئێمه ناچینه ناو دەرگای ئەو شارە مادام ئەو جەبیارانەی تێدا بن •

★ (فاذْهَبْ انْتَ وربُّكَ فقَاتِلا اِنَّا ههُنا قاعِدُونَ) ★ (٢٤) :

دەی برۆ تۆو خوداکەت‌و شەڕ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانا وا ئێمه لەم شوێنەدا دانیشتووین ئینتیزاری‌و چاوەڕێی ئەنجامی جەنگی ئێوه ئەکەین •

★ (قال : رَبِّ اِنّي لا اَمْلِكُ اِلاَّ نَفْسي واَخِي) ★ :

حەزرەتی موسا (د) کاتێ ئەم بیم‌و ترسنۆکی‌و بێمروەتیەی دی لـه بەنی ئیسرائیلیەکانەوە به تەئەسوفەوە عەرزی بارەگای خـــودای کردو فەرمووی : ئەی پەروەردگاری من ! من دەستم ناڕوا مەگەر بەسەر نەفسی خۆم‌و هاروونی براما وه ئەو دوو ئینسانە خاوەن ئیمانەیش ترسم هەیـه بگوڕرێن جا تکام وایه •

★ (فافْرُقْ بَيْنَنا وبَيْنَ القَوْمِ الفاسِقِينَ) ★ (٢٥) :

جیایی بخه له بەینی ئێمەو ئەو قەومە که لـه یاسای ئامۆژگاری دین دەرچوون وه به هۆی ئەوانەوە له ئێمەیش زویر مەبه •

★ (قال : فاِنَّها مُحَرَّمَةٌ علَيْهِم اَرْبَعينَ سنَةً يتِيهونَ في الارْضِ فلا تَأسَ على القَوْمِ الفاسِقينَ) ★ (٢٦) :

خودای تەعالا له وەڵامی موسادا (د) فەرمووی : مادام وایه وا بڕیارم دا که عەرزی موقەدەس حەرامە لەسەر ئەم قەومە که وان لەگەڵ تۆدا تـا

ماوەی چل ساڵ کە ئەم پیاوانە یا لە ژیانا نامێنن وە یا ئەوەندە پیرو لاواز ئەبن بە کاری جیهاد نەیەن • وە بڕیارم دا ئەم ماوەی چل ساڵەدا بە سەرگەردانیو سەرلێشێواوی بە عەرزی سینادا بسووڕێنەوە سەروبەری خۆیان دەرنەکەنو قیمەتو نرخێکی عالەمیان نەبێ ؛ چونکی ئەوانە ئەوەندە بێ عەقڵ بوون لەگەڵ ئەو هەموو موعجیزەدا کە چاویان پێی کەوت باوەڕیان نەکرد بەو پەیامی خودا کە بە زمانی موسا گەیشتە لایانو لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەدا چاویان قایم نەبو بڕۆن جەنگ بکەن لەگەڵ جەببارەکاناو لە وڵاتی خۆیان دەریان کەن • جا ئیتر هەرچی دێ بەسەر ئەم قەومە نابارەدا تۆ نەکەی خەفەت بخۆی بەسەر کارەساتێ کە دێت بەسەر ئەو قەومە لە فەرمان دەرچوانەدا •

جا ریوایەت کراوە پاش ئەمە ماوەی چل ساڵ قەومی بەنی ئیسرائیل لە عەرزی سینای وشکی بێئاوی بێکشتوکاڵدا مانەوە لە مەسافەی کەمداو هەرچەن ئەیانویست لەو وڵاتە دەرچن بۆیان ڕێك نەدەکەوتو هەور سێبەری ئەکرد بەسەریانا لە کاتی گەرماداو ئاویان لەو بەردانەوە بۆ دەرئەچوو کە حەزرەتی موسا عاساکەی پیادابو ، وە خواردەمەنیان گەزۆو پەلەوەری شەلاقە بو ، وە ئەم نیعمەتەیشیان هەر لەبەر پایەو مەقامو شەرەفی حەزرەتی موساو هارونی برای بوو (د) • هەروا ریوایەت کراوە کە هارون لە سارای سینادا لە زەمانی سەرگەردانی قەومەکەدا مردو شەش مانگ دوای ئەو حەزرەتی موسایش کۆچی دوایی کردو وەسیەتی کرد بۆ (یوشع) کە لە پاش ئەو گەلێ لە جوانی موسوڵمانی خوێنپاکی دلێرو ناکی ئیسرائیلی لەگەڵ خۆتا ببەو جیهاد بکەو (بیت المقدس) فەتح بکە • وە فیعلەن لە پاش وەفاتی موسا (د) بە سێ مانگ حەزرەتی (یوشع) ـ کە مەشهوورە بە پاڵەوانی ئیسرائیلیو خوشکەزای حەزرەتی موسا بوەو خودا کردوویەتی بە پێغەمەرو فەرمانی جیهادی پێداوە ـ لەگەڵ سوپای بەنی

ئیسرائیلداو لەگەڵ دوازدە نەقیبەکانا رۆیشت بۆ جیهادو شاری (اریحا)ی گرتو لە پاش ئەوە زۆرتر وڵاتی داگیرکرد •

وە لە رووداوی وەفاتی حەزرەتی موسادا (د) لە حەدیثی موسلیمدا هەیە بە ریوایەت لە ئەبوهورەیرەوە کە (ملك الموت) هات بۆ لای موسا (د) پێی وت : کە هاتووم بۆ قەبزی رۆحت ! ئەویش دەستی دا بە چاویاو چاوی دەرپەڕان ، پاش ئەمە لەبەر چاوی موسا غائیب بو ، عەرزی باری تەعالای کرد : کە موسا چاوی دەرپەڕاندم • وە خودای تەعالا دووبارە ناردیەوە بۆ لایو فەرمووی : بڵێ بە موسا دەست بخاتە سەر پشتی گایێ بە ئارەزووی خۆیو بە قەی تووکی ئەو گا بە ساڵ عومری پێ ئەدەم ، ئەویش رۆیشت عەرزی کرد • ئەمجا موسا فەرمووی : یا رەببی پاش ئەو عومرە زۆرە هەر ئەبێ بمرم کەوابێ هەر ئێستە با رۆحم بکێشێ ، جا (ملك الموت) رۆحی کێشا • بەڵام لە پێش ئـــەوەدا کە رۆحی بکێشێ پاڕایەوە لە خودا کە نزیکی بکاتەوە لە حودوودی عەرزی موقەددەس بە قەی ئەوەندە پیاوێکی عادەتی بەردێ فڕە بدا بگاتە عەرزی موقەددەس وە خودا وەها نزیکی کردەوە لەو عەرزە . وە حەزرەت (د) فەرمووی : ئەگەر ئێستە ئێمە لەو شوێنەدا بووینایێ قەبرەکەی موسام نیشان ئەدان کە وا لە تەنیشتی رێگەی عامە رێگەدا لە ژێر (کثیب احمر)دا واتە تەپۆڵکەیێ عەرزی سوورە عەرز •

وە لە تەوجیهکردنی کردەوەی حەزرەتی موسا لەگەڵ (ملك الموت)دا کە عاجز بوە لە گیانکێشانو داویە لێیو چاوی دەرکردوە کە ئەم وەزعـە موناسبی شانی پێغەمەران نیە . وە فریشتە کەی وەها چاوی هـەیە تا دەربکرێ ••• چەن قسەیێ کراوە . پەسەندتریان دوو جوابە :

یەکەم : ئەمە کە (ملك الموت) بە سوورەتی ئینسانێکی بێگانە داخلی هۆدەی حەزرەتی موسا بوو داوای ئەوەی لێ کرد کە رۆحی بکێشێ ئەویش وا حاڵی بوە کە ئینسانێکی جەببارە هاتوە بۆی بیکوژێ . وە لێیداو چاوی

دەرکرد ، چونکی (دفع الصائل)و دیفاع لـــە نەفس ئەگەر واجب نەبێ جائیزە •

دووهەم : ئەمەیە کە بڕیار دراوە خودای تەعالا گیانی هیچ پێغەمەرێ ناکێشێ هەتا خاترخۆی نەکا لە بەینی مردنو ژیانـــا جا ئەگەر ئیختیاری مردنی کرد ئەوسا گیانی ئەکێشێ ، وە (ملك الموت) کە رۆیشتە خزمەتی موسا بەو شێوە قسەی نەکردو حەزرەتی موسا لەبەر ئەوە بە خیلافی ئەو یاسا رۆیشتە پێشەوە بە مەلائیکەی قەبضی رۆحی نەزانیو لێیداو ئـەو چاوەی کە لەو جیسسە بەرزەخیەدا بووی دەری کرد ، هەتا جاری دوەم کە بە ئەدەبو بە یاسای تەخییر هاتەپێشەوە حەزرەتی موسا حاڵی بـــوو لە مەوزووعو ئیختیاری مـــەرگی کردو ئەویش گیانی کێشا ، ئەگەرنا دوورە لە پێغەمەرانەوە کە حەز نەکا بە گەیشتن بە عالەمی ویصالی هەتـا هەتا •

ئەوەی عاشـــق بێ بـــە باڵای مەحبووب
هەر لیقای مەحبووب بۆ ئـــەوە مەطلووب
ئارەزووی نەفسو دنیـــــــای بێ دەوام
دوورە لـــە زەوقی عاشـــقی مەجذووب



جا بە موناسەبەی ئەوەوە کە ستەمکاری بەنی ئیسرائیل عەینی ئـەو سروشتەیە کە لە وجوودی ئادەمیزادا دانراوەو لـــەو رۆژەوە ئادەمیزاد کەوتوەتە سەر عەرز هەتا هەتایە هەر لەسەر ئەو رەوشنە ئەڕۆن بە رێداو بۆ پیاوی رەهبەری گەورە دوورە کە ئـەم یاسای ئادەمیزادەی لێ ون بێ خودا حیکایەتی کوڕەکەی حەزرەتی ئادەمی گێڕایەوە بۆ حەزرەت (د) هەتا باش ئەم وەزعەی بێتەوە یاد •

★ (واتْلُ علَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدمَ بِالحَقِّ) ★ :

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بخوێنەرەوە بەسەر ئەصحابەکانتا وە یا بەسەر ئەو کەسانەدا کە ئەتەوێ بێنە سەر ڕێگەی ڕاست : ڕووداوی مابەین دوو کوڕەکەی حەزرەتی ئادەم (د) : قابیلو هابیل .

★ (اِذْ قَرَّبا قُرْباناً فَتُقُبِّلَ مِنْ اَحدِهِما ولَمْ يُتَقَبَّلْ مِن الآخَرِ) ★ :

لە کاتێکدا کە هەردوو کیان یەکی کوشتێکیان کرد بە قوربانی وە لە یەکێکیان قەبووڵ کرا کە هابیل بوو لە قابیل قەبووڵ نەکراو ئاگرێ لـە ئاسمانەوە هات قوربانیەکەی هابیلی برد بە ئاسمانا ، وە ئەم قوربانیەکە لـە جێگەی خۆیا مایەوە ؛ مەعنای وابوو هابیل گەیشت بە مەقسوودی خۆیو ژنی خۆی دەست کەوت بەڵام قابیل مەحرووم بوو لەو ژنە .

★ (قالَ : لاَقْتُلَنَّكَ !) ★ :

جا قابیل لە کینەو داخا ژنی بە هابیل : وەڵڵا ئەتکوژمو نایەڵم بگەی بە مەقسوودی خۆت !

★ (قالَ : اِنَّما يَتَقَبَّلُ اللهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ) ★ (٢٧) :

وە هابیل لە جوابیا وتی : بۆچی من ئەکوژی ؟ خەتای من نیە ، تۆ ئینسانێکی بێ تەقوایو ڕدنەی قوربانیەکەت بە هۆی ناپیاوی خۆتەوەیە .

★ (لَئِن بَسَطْتَ اِلَيَّ يدَكَ لِتَقْتُلَني) ★ :

وەڵڵاهی ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ لای من بۆ ئەوە بمکوژی .

★ (ما انا بِباسِطٍ يَدِيَ اِلَيْكَ لاَقْتُلَكَ) ★ :

من ئەوانە نیم کە دەست درێژ بکەم بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە بتکوژم .

★ (اِنّي اَخافُ اللهَ ربَّ العالمِينَ) ★ (٢٨) :

بە راستی من لە خودای پەروەردگاری هەموو عالەم ئەترسم •

★ (اِنّي اُرِيدُ اَنْ تَبُوءَ بِاِثْمِي واِثْمِكَ فتَكونَ مِنْ اَصْحابِ النّارِ) ★ :

من کاتێ لە بەینی ئەم دوو کارەدا بم کە یا من تۆ بکوژم یا تۆ من بکوژی نامەوێ خۆم گوناحبار بکەم‌و تۆ بکوژم ؛ وە ئەمە ئیختیار ئەکەم کە تۆ تاوانی کوشتنی منیش عەلاوەی تاوانەکانی ترت بکەی‌و لە ئەنجامدا ببی بە ئەهلی ئاگری دۆزەخ •

★ (وذلِكَ جَزاءُ الظّالمِينَ) ★ (٢٩) :

وە ئەم جۆرە جەزایە جەزای ستەمکاران‌و تاوابارانە •

★ (فطَوَّعَتْ لە نَفْسُهُ قَتْلَ اخِيهِ فقَتَلَهُ) ★ :

جا نەفسی قابیل کوشتنی هابیلی برای جوان کرد بە لایەوە بۆ ئەوە بگا بە خۆشی وەقتی وەرگرتنی ئەو ژنە کە حەزی پێ ئەکا •

★ (فاَصْبَحَ مِنَ الخاسِرِينَ) ★ (٣٠) :

قابیل گەڕا لە جوملەی زیانکردووان لە دینا لەبەر تاوانی کوشتنی ناحەق وە لە دنیایشا وەکو مەشهوورە هەتا مرد تووشی زویری‌و دڵگرانی بو •

وە ئەم کارەساتە بازێ ئەڵێن لە نزیکی غاری (حرا)دا لە لای مەکەی موکەڕەمەدا بوە ؛ وە بازێ ئەڵێن لە شـــاری بەسـرەدا بوە لـــەو شـــوێنەدا کـــە ئیستە مزگـــەوتـــەو جامیعی گەورەی شارەکەیە • جا کاتێ براکەی خۆی کوشـت نەیزانی چـــی لێ بـــکا ، چونکـــی هابیل یەکەم مردووی ئادەمیزاد بوو •

★ (فَبَعَثَ اللهُ غُراباً يَبْحَثُ في الاَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوارِي سَوْاَةَ اَخيهِ) :

جا خودا قەلەڕەشێکی نارد دەنووکی نەدا بە عەرزاو هەڵی ئەکەند هەتا نیشانی قابیل بدا چۆنی لەشی مردووی براکەی بشارێتەوە •

بیضاوی ئەڵێ : خودا دوو قەلی نارد بوو بە شەڕیان ، یەکێکیان ئەویانی کوشتو بە دەنووك چاڵی هەڵکەندو قەلەڕەشە کوژراوەکەی تێخستو شاردیەوە •

★ (قالَ : يا وَيْلَتى ! اَعَجَزْتُ انْ اَكُونَ مِثْلَ هذا الغُرابِ فاُوارِيَ سواَةَ اَخي ؟) ★ :

قابیل وتی : هاوار بۆ من ! ئایا من ناتوانم بیم بە گیانلەبەرێ وەکو ئەم قەلەڕەشەو چاڵێ هەڵکەنم بۆ براکەم ؟

★ (فاَصْبَحَ مِنَ النّادِمينَ) ★ (٣١) :

وە قابیل گەڕا بە ئینسانێکی پەشیمانی پەریشان •

ریوایەت کراوە کە : دایکە حەوا بە هەر سکێ کوڕو کچێکی ئەبوو ، وە خودا وەحی کرد بۆ ئادەم کچی هەر سکێ بدەن بە کوڕی سکەکەی تریان ، بەم یاسا دوو کوڕی حەزرەتی ئادەم (د) ئەبوا قابیل هاو لفی هابیلی مارە بکردایەو هابیل هاو لفی قابیلی مارە بکردایە • جا لەبەر ئەوە کە هاو لفی هابیل وەکو هاو لفی قابیل جوان نەبوو قابیل بەو یاسایە رازی نەبوو ئەیویست هاولفەکەی نەدا بە هابیلو خۆی مارەی بکا ! جا حەزرەتی ئادەم فەرمووی پێیان : کە یەکی کوشتێك سەرببڕنو قوربانی هەر کامیان قەبووڵ کرا بێت ئەو کچە جوانەکە مارە بکات • وە قوربانی هابیل قەبووڵ کراو ئاگرێك لە ئاسمانەوە هاتو قوربانیەکەی بردو قوربانی قابیل لە عەرزا مایەوەو قەبووڵ نەکرا • جا لەسەر ئەم وەزعە ئەو کارەساتە رووی دا •

★ (مِنْ اَجْلِ ذلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي اِسْرائِيلَ) ★ :

جا لەبەر ناشیرینی ئەو قەتڵە ناحەقە کە لە دەستی قابیل دەرچوو ، وە لەبەر ئەوە کە بەنی ئیسرائیلیش زۆر خوێنڕێژو نامەردن .. نووسیمانو بڕیارمان دا لەسەر بەنی ئیسرائیل .

★ (اَنَّه مَنْ قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسادٍ فِي الاَرْضِ فَكَأَنَّما قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً) ★ :

بە راستی کەسێ نەفسێ بکوژێ بە بێ قیصاصی نەفسو بێ فەسادێ لە عەرزا ـ وەکو جەردەییو رێگری ـ ئەوە وەکو ئەوە وایــە کە هەرچی ئینسانە هەمووی کوشتبێ ؛ چونکی کەسێ بۆ نافەرمانی خوداو رژاندنی خوێنی بێ تاوان جەسارەت بکاو خەڵکی تریش شارەزای ئەم گوناهە بکا ئەوە ئەتوانێ عالەمێ بکوژێو خەڵك هەڵبنێ بۆ کوشتنی هەموو کەسێ . کەوابو ئەوەندە گوناحی پێ ئەگا وەکو ئەوە وایە کە هەموو کەســێکی کوشتبێ .

★ (ومَنْ اَحْياها فَكَأَنَّما اَحْيا النَّاسَ جَمِيعاً) ★ :

وە هەرکەسێ مەنعی کوشتنی نەفسێ بکاو بە زیندوویی بیهێڵێتەوە ئەوە ئەوەندەی ثەوابو ئیحسان پێ ئەگا وەکو هەرچی نەفسە هەمووی لە کوشتن رزگار کردبن وایە .

وە بازێ کەس فەرموویانە : مەبەس لەو نەفسە ئینسانێکە سوودی گشتی هەبێ وەکو رەهبەرێکی گەورەو زانایەکی بــەرزو پێشەوایەکی خاوەن قیمەت ؛ چونکە مردنی ئەمانە وەکو مردنی عالەمێ وایەو زیندوێتی ئەمانە وەکو زیندوێتی عالەمێ وایە .

بەڵام بە بیری من ئەم قسە باش نیە ؛ لەبەر ئەوە لەم مادەدا کە کابرا رەهبەرێکی عالەمی بکوژێ حەقی خۆیەتی گوناهەکەی گەورە بێو بـە

وێنەی کەسێ بێ کە عالەمێکی کوشتبێ • وە مەبەس لە ئایەتەکە ئەمەیە کە پیاوکوشتن‌و لەناوبردنی نەفسی زیندوو بە ناحەق جەریمەیەکی گەورەیەو خەڵکیش وادار ئەکا بە فێربوونی ئەو نەوعە جەریمە لەبەر ئەمە عوقووبەتەکەی گەورەیە نەك لەبەر گەورەیی کوژراوەکە •

★ (وَلَقَدْ جاءَتْهُمْ رُسُلُنا بِالْبَيِّنَاتِ) ★ .

وە پاش ئەوە کە ئەو حوکمە بەشیددەتەمان نووسی لەسەر بەنی ئیسرائیل‌و تێگەیشتن بە راستی چەن پێغەمەرمان هاتن بۆ لای بەنی ئیسرائیلیەکان لەگەڵ موعجیزەو بورهانی زۆرا . وە لەگەڵ ئیرشادو تەبلیغاتی رەساداو موناسب وابو ئیتر ئەحواڵیان باش بێ‌و لەو گوناحانە دوور بکەونەوە •

★ (ثُمَّ اِنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ بَعْدَ ذٰلِكَ فِي الاَرْضِ لَمُسْرِفُونَ) ★ (٣٢) :

کەچی لەپاش ئەو هەموو ئامۆژگارییە زۆر لە بەنی ئیسرائیلیەکان هەر زیادەڕەون لە عەرزاو لە حەق لادەرن‌و بێ‌موبالاتن بە فەرمانی خودا •

فەرموودەی خودا : (انما جزاء الذين .. الآية)

ئەمە وارید بوە لە شانی کۆمەڵێ لە هۆزی (عكل)و (عرينه) کە هاتن بۆ مەدینەی مونەوەرەو موسوڵمان بوون وە پاش ماوەیێ هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت ، پێغەمەر (د) ئەمری فەرموو چەن وشتری خاوەن شیریان پێدان کە لە خاریجی مەدینەدا بژین لەگەڵیاناو لە شیرو گمێزی ئەو وشترانە بخۆنەوە هەتا سکیان ئەکەوێتە رێ‌و لەو نەخۆشینە رزگار ئەبن • ئەوانیش چەن رۆژێ چوونە دەرەوەو لە شیرو گمێزی وشترەکانیان ئەخواردەوە . لە ئاخرا رۆژێ لە رۆژان دەست‌و پێی شوانەکەیان بڕی‌و دڕکیان کرد بە چاوەکانیا هەتا مرد ! ئەو شوانە ناوی (يسار) بو ،

خەڵکی (نوبە) بو ، کە ئەوەیان کرد وشترەکانیان دایەبەر بۆ وڵاتی خۆیانو لە دین وەرگەڕانەوەو ڕۆیشتن • کە حەزرەت بەم کارەساتەی زانی جەریری کوڕی عەبدوڵلای لەگەڵ کۆمەڵێ ئەصحابەدا نارد بە شوێنیایاناو لە ڕێگەدا پێیان گەیشتنو بە دیلی هێنانیانەوە بۆ مەدینە • جا حەزرەت (د) چاوەڕێی ئەمری خودای کرد تا ئەم ئایەتە نازل بو •

★ (اِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً اَنْ يُقَتَّلُوا اَوْ يُصَلَّبُوا اَوْ تُقَطَّعَ اَيْدِيهِمْ وَاَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلافٍ اَوْ يُنْفَوا مِنَ الاَرْضِ) ★ :

وانە : نیە جەزاو پاداشی ئەو کەسانە کە تێکهەڵئەچن لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا ، واتە بێفەرمانییان ئەکەنو لە ئەمریان دەرئەچن بە جەسارەتو بێشەرمیو هاتوچۆ ئەکەن لە عەرزا لە حاڵێکا عەرز تێکئەدەنو ئەچن بە گژ یاساو نیظامی راستا •• ئیللا ئەوە نەبێ کە بکوژرێن بە تیرو بەس ، ئەگەر هەر خەڵکیان کوشتبێو ماڵیان نەبردبێ • یا بکوژرێنو لە پاش کوشتن بکرێن بە دارا بۆ پەندو عیبرەتی خەڵکی ئەگەر کوشتاریان کردبێو ماڵیشیان بردبێ ، یاخود دەستو پێیان ببڕێ بە شێوەی راستو چەپ ، لە جاری یەکەمدا دەستی راستیانو پێی چەپیان ببڕێ ئەگەر هەر ماڵیان بردبێو کەسیان نەکوشتبێ ، وە یاخود شاربەدەر بکرێن لەم شارەوە بۆ ئەو شارو لەو شارەیشەوە بۆ شارێکی تر بە جۆرێ دامەزراندنو ئارامیان نەبێ لە شوێنێکدا ئەگەر هەر ڕێبواریان ترساندبێو بەس •

★ (ذلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) ★ (٣٣) :

ئەم کوشتنو بڕینو هەڵاوەسرانو شاربەدەرکردنەیان بۆ ڕسوایی ئەوانە لە دنیاداو لە پاشەڕۆژیشا عەزابو ئاگرێکی گەورەیان بۆ هەیە •

★ (اِلاّ الذینَ تابوا من قبلِ انْ تقدروا عَلَيهِم) ★ :

ئه‌وانه‌یان نه‌بێ كه بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای خوداو ده‌سبه‌رداری ئـــه‌و كرده‌وه نابارە ببن له پێش ئه‌وه‌دا كه ئێوه ده‌ستان بڕوا بــــه سه‌ریاناو بیانگرن •

★ (فاعلَموا انَّ اللهَ غَفورٌ رَحيم) ★ (٣٤) :

ئێوه ئه‌بێ بزانن خودای ته‌عالا تۆبه‌كاران عه‌فو ئه‌كا ؛ چونكی بـه ڕاستی خودای ته‌عالا گوناهبه‌خش‌و میهره‌بانه •

★ (یا اَیُّها الَّذینَ آمَنوا اتَّقوا اللهَ وَابتَغوا اِلَیهِ الوَسیلةَ وجاهِدوا في سَبیلهِ لَعَلَّكُم تُفلِحونَ) ★ (٣٥) :

واته ئه‌ی كه‌سانێ كه ئیمانتان هێناوه به دینی ئیسلام خۆتان بپارێزن له بێ‌ئه‌مری خوداو بگه‌ڕێن به شوێنی هه‌ر كرده‌وه‌یه‌كدا كه بتانگه‌یه‌نێ به ڕه‌زای خوداو جیهاد بكه‌ن‌و تێكۆشن له به‌رزه‌وه‌كردنی كه‌لیمه‌ی حه‌قدا له‌به‌ر ڕه‌زای خودای ته‌عالا نه‌ك له‌به‌ر مه‌به‌ستێكی تر •

له واقیعا كه‌لیماتی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه لـــه (جوامع الكلم) حسێب ئه‌كرێن چونكی هه‌ركامیان بگری به ده‌سته‌وه بۆ ڕێگه‌نیشاندان بــــه موسوڵمان كافیه • مه‌ثه‌لا (اتقوا الله) مه‌عنای خۆپارازتنه له نافه‌رمانی خوداو ئه‌م خۆپارازتنه به ڕاستی به‌وه ئه‌بێ ئینسان له هه‌رچی گوناح بێ خۆی بپارێزێ‌و هه‌رچی خێر بێ بیكا •

وه (ابتغای وسیله) به‌وه ئه‌بێ كه ئینسان بكه‌وێته دوای هه‌ر شتێ ئینسان ئه‌گه‌یه‌نێ به خودا ، وه ئه‌مه عیباره‌ته له دوو شت ؛ (ته‌رك) و (فیعل) وه یـا بـــه عیباره‌تێكی دووهـه‌م (كه‌ف)و (فیعل) واتـــه مه‌نعی‌خۆكردن له هه‌موو موخالەفه‌یه‌كی خوداو كردنی هه‌مـــوو شتێكی پێویست وه ئه‌مه‌یش عه‌ینه‌ن وه‌كو جومله‌ی پێشوو ده‌رده‌چێ به‌بێ كه‌م‌و زیاد •

وە (جیهادی في سبیل الله) سەعیو تێکۆشینە لە ڕێگەی ڕەزامەندی خودادا ، وە یا بۆ بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەق ئەمەیش بەو نەوعە ئەبێ ئینسان لە زاتی خۆیا ئەوامیر بەجێ بێنێو لە موحەڕەمات لا بـــدا . وە نیسبەت بە غەیر بە ئەمرە بە مەعرووفو نەهی لە مونکەرو دەفعی هێزی هەرچی کافرو موبتەدیعو فاسقە .. ئەمەیش لەگەڵ دوو جوملە پێشوەکەدا **دەبنەوە بەیەك .**

بەڵام ئیستە موفەسیرەکان ـ بە تایبەتی ئیمامی فخرالدینی رازی ـ ئەفەرموون : (اتقوا الله) ئیشارەتە بۆ تەرکی مەنهییاتو ، (وابتغوا الیه الوسیلة) ئیشارەتە بۆ فیعلی مەئموورات‌و لەبەر ئەوە کە دەفعی مەفسەدە پێش ئەخرێ لە حەلبی مەنفەعەت یەکەمی خستە پێشی دووهەمەوە ، وە لەبەر ئەوە کە تەرکی مەنهییاتو فیعلی مەئموورات زۆر گرانن لەســـەر نەفسی ئینسان‌و بە موجاهەدە نەبێ ئینسان ناتوانێ بەجێیان بێنێ .. بە شوێن ئەو دوو جوملەدا خودا فەرمووی (وجاهدوا في سبیله) چونکە بە جیهاد نەبێ دووبارە پێشوەکان هەڵناگیرێن کەوابێ موجاهەدەیش پێویستە .

منیش لەم شوێنەداو بە وەرگرتن لە وتەی مەشایخەکانەوە عـــەرز ئەکەم : هەرچەند دینداری یا تەرکی مەنهییاتە یا فیعلی مەئموراتە وە جیهاد بەر ئەوانە ئەکەوێ ، بەڵام لەبەر ئەوە کە جیهاد بە مەعنای حەربو جەنگ لەگەڵ کافرانا بە کاردێت هەر وەکو بە مەعنای موجاهەدەی نەفس‌و دەفعی ڕەزیلەو جەزبی فەضیلە دێت .. خودای تەعـالا ئەم جیهادەی باس کردوە لەبەر ئیهتیمامو ئیعتینا بە قەضیەی جیهاد خواه جیهادی بە مەعنا غەزاکردن لەگەڵ کافرانا بێ یا جیهادی بە مەعنا موجاهەدەی نەفس بێ .

هەروا ئەڵێم : بە نازلکردنی (وجاهدوا في سبیله) خودای تەعالا ئیفادەی ئەمەی کرد کە تەرك‌و فیعلی موسوڵمان بە جیهاد ئەبێ ؛ وە جیهادی نەفس بە دوورخستنەوەی نەفس ئەبێ لە ڕەزائیل .کەواتە هەر عەمەلێ پێویست بێ بۆ دەفعی ڕەزیلـــە وەکـو ڕۆژووگرتن‌و خۆبرسی‌کردن

موجاوەرەی، ئەهلی تەقواو ئەهلی صیدق‌و دەرروەرگرتنی لـــە صالحان‌و ئەولیای ئومسەت‌و صوحبەتیان هەموو ئەمانە بەر موتلەقی (ابتغاء وسیلة)و (جیهادی فی سبیل الله) ئەکەون .

وە ئیمامی رازی ئەفەرمویت : تەرك‌و فیعل دوو ئەمرن ئیعتیبار ئەکرێن. لە زاهیری ئردەوەکاناو ئەوەی کە تەرکی واجبە عیبارەتە لە موحەرەمات‌و ئـــەوەی کردنی پێویستە عیبارەتە لە واجبـــات‌و ئیعتیبار ئەکرێن لـــە ئەخلاقدا . یانی خوو رەوشتا . وە ئەو رەوشنە واجبە تەرك بکرێ صیفاتی رەزیلەیە وەکو ریـــاو . عوجـب‌و ، تەکەبورو ، حەسوودی‌و ... غەیری ئەوانە ، وە ئەو رەوشتەی کە پێویست بێ عیبارەتە لە فەضائیل وەکـو حەیاو . غیرەت‌و . راستی‌و وەفاو . عیفەت‌و . ئەمانەت‌و ئیستیقامەت‌و .. وێنەی ئەمانە .

وەئیعنیبار ئەکرێن لە ئەفکارا ئەوەی کە واجبـە تـــەرك بکرێ فکرکردنەوە لە کوفرولە بیدعەت‌و لە تەصەروفاتی نابەری ناهەموارا ، وەکو موئامەرە بۆ دنیا لەسەر ئەهلی دین‌و تێکدانی میانەی خەڵق . وە ئـەوەی پێویستە بکرێ فیکرە لە دەلیلی وجوودی باری تەعالاداو لە تەنهایی ئەواو لە وجووبی ئیتاعەیا . وە فیکرە بۆ ئیثباتی ریسالەت‌و نوبوەت‌و بـــۆ دۆزینەوەی رێگەی رزگاری لە دەسیسەی بەفسی ئەمســــارەو ئەعوانی شەیاتین ، وە بۆ ئیثباتی مەعادی جیسمانی‌و دۆرینەوەی بەهەشت‌و دۆزەخ‌و خولوودی لەزەتی ئینسان لە قیامەتاو عەزابی کافر لە دۆزەخا ... هەروا ئیعتیبار ئەکرێن لە رۆحیاتدا وە ئەوەی تەرکی پێویستە ئیستیغراقە لـــە هەرچی دوورت بخاتەوە لە خودا . وە ئەوەی پێویستە بکرێ ئیستیغراقە لە گەورەیی خودادا .

بزانن ! لەبەر ئەوەی کە خودای تەعالا ئیعلامی ئێمەی کردوە کـــە ئیبلیس دوژمنی ئادەمیزادەو نەفسی ئینسانیش رورمەی فەرمانەکانی فەرمانە بە شتی نابارو ناهەموارو ئیعلانیشی کردوە هەرکەسێ نەفسی پاك بکاتەوە

رزگار ئەبێو هەرکەس ئیهمالی بکا گیرۆدەی میحنەت ئەبێو نائومێد ئەبێ لە خێر .

وە بە قانوونی ئوصوولی دینو فیقه هەرچی (موقوف علیه) بێ بۆ واجب واجبە ، هەروا ثابت بوە هەرچی شەرع نەهی لێنەکردبێ موباحە بە هەر نەوعێ لە زیکرو فیکرو تاعەتو صوحبەت ؛ وە خەڵوەتێ کە فەسادێکی لێ پەیدا نەبێو بە زاهیر شەرع مەنعی نەکردبێ ئەوە دروستە بۆ ئینسانی موسوڵمان بیانکا ، بەڵکو بە گەلێ کاتا سوننەتی ئیجتیهادیی‌یە واجبە ، وە ئەو قسەیە کە ئەڵێن هەرچی (مصرح بە) نەبێ لــە نوصووصی کیتابو سوننەتا وە یا لە عەصری حەزرەتا نەکرابێ ئەوە بیدعەتەو حەرامــە .. قسەیەکی پــووچو بەتاڵــەو موخالیفی عومووی قەواعیدو ئوصووڵی ئیسلامەو موخالیفی سیرەتی زۆری موسوڵمانانەو هــــەرچی موخالیفی ئیجماعی موسوڵمانان بێ ئەوە بیدعەتو ضەلالەتەو هــەرچی موخالیفی کردەوەی زۆری موسوڵمانان بێ ئەوە دوورە لە نوور چونکی حەزرەت (د) فەرموویەتی :

(فان رأیتم الاختلاف فعلیکم بالسواد الاعظم)

فەرموودەی خودا : (ان الذین کفروا الآیة)

بوخاریو موسلیم (خ) ریوایەت ئەکەن لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خ) کە حەزرەت (د) فەرموویەتی : لە رۆژی قیامەتا خودا ئەفەرموێت بە کەسێ کە لە هەموو دۆزەخیەکان عەزابی سووکتر بێ : ئەگەر دنیاو هەرچی وا لە دنیادا بۆ تۆ بوایە ئەتدا بە فیدیەی نەفسی خۆتا کە لەم عەزابی قیامەتە رزگار ببی یا نە ؟ ئەویش ئەڵێت : بەڵێ ئەمدا . جا خــودای تەعــالا ئەفەرموێت پێی : من بۆ تۆ حەزم بە شتێکی تر ئەکرد کە لەم عەزابەو لەم ناڕەحەتیە پێی دووربکەوتایەیتەوە ، حەزم ئەکرد کە تۆ شەریکم بۆ بڕیار

نەددی وە منیش نەتخەمە ناو ئاگرەوە کەچی تۆ دڵت لەسەر ئەوەبو کـە شەریکم بۆ دابنێی • جا خودا فەرمووی •

★ (اِنَّ الَّذِينَ كَفَــرُوا لَوْ اَنَّ لَهُــمْ ما في الاَرْضِ جَمِيعاً ومِثْلَهُ مَعَهُ لِيَفْتَدُوا بِهِ مِنْ عَذابِ يَوْمِ القِيامَةِ ما تُقُبِّلَ مِنْهُمْ) ★ :

بە راستی ئەو کەسانە لە کافر بوونو بەو حاڵەوە ئەمرن ئەگەر هەرچی وا لە عەرزا هەمووی موڵکی ئەوان بێو بە ئەی هەموو ئەوەیشیان بێ بۆ ئەوە کە بیدەن بە فیدیەی سەری خۆیان بۆ رزگاوبوونیان لـە عەزابی رۆژی قیامەتو فیعلەن بیاندایێ لێیان قەبووڵ ناکرێو رزگار نابـن لـە عەزابەکەی •

★ (ولَهُمْ عذابٌ اَلِيمٌ) ★ (٣٦) :

وە بۆ ئەو کافرانە عەزابێکی سەخت هەیە لە قیامەتا •

★ (يُرِيدُونَ اَنْ يَخْرُجُــوا مِنَ النَّــارِ وما هُــمْ بِخارِجِينَ مِنْها) ★ :

ئەیانەوێ کە دەربچن لە ئاگر وە بە قەطعی ئەوان لەوانە نین کـــە دەرچووبن لەو ئاگرە •

★ (ولَهُمْ عَذابٌ مُقِيمٌ) ★ (٣٧) :

وە بۆ ئەوان هەیە عەزابێکی دامەزراو •

فەرموودەی خودا : (والسارق والسارقة)

ئەم ئایەتە لە کاتی دزیەکەی طوعمەی کوڕی (ابیرق)دا کە دیرعی دزی بوو ـ وەکو لە پێشەوە باسمان کرد ـ نازڵ بـــوو ، جا خـــودا ئەفەرموێت :

★ (والسَّارِقُ والسَّارِقَةُ فاقْطَعُوا اَيْدِيَهُما) ★ :

له شەرتێکا پیاوێ دزی کردو ژنێ دزی کرد ، واته ئەو پیاوه یا ئەو ژنه به بێ ئەوه که شوبهەی ئیستیحقاقی ئــەو ماڵەیان بێ که ئەیدزن‌و ئاگاداربن‌و هۆشیان به خۆیانەوه بێ‌و ئەندازەی قیمەتی روبعــی دیناریٚ ئاڵتوون بدزن که ئەو ماڵه له شوێنێکی لایــەقدا راگیرابێ ... ئــەوه دەستیان ببڕن له جومگەی پشتی پەنجەکانەوه .

★ (جَزاءً بِما كَسَبا نَكالاً مِنَ اللهِ) ★ :

لەبەر جەزادانەوەیان بەرابەر بەو خەیانەته که کردوویانه وه لەبـەر بەجێهێنانی عوقووبەت‌و تۆڵەسەندنەوه له لایەنی خوداوه .

★ (واللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) ★ (٣٨) :

وه خودای تەعالا غاڵبه‌و زاڵه بەسەر یاسا دامەزراندن‌او خـــاوەن حیکمەته‌و کاردروسته : ئەگەر هەر شتێ بکاو هەر یاسایێ دابمەزرێنێ .

★ (فَمَنْ تابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ واَصْلَحَ) ★ :

جا پاش ئەوه هەرکەسێ تۆبه بکاو پەشیمان بێتەوه لـەو دزی‌و خەیانەته له پاش ئەو ستەمەو ئــەو دەسدرێژیه که کردوویەتی‌و میــانەی خۆی‌و خودای خۆی باش کرد به عەزمی ئەوه نەگەڕێتــەوه بــۆ ئــەو خەیانەتەو ، میانەی خۆی‌و ماڵدزراوەکەی باش کرد بەوه کــه ماڵەکەی پێداوه یا بۆی بژارد یا گەردنی خۆی پێ ئازاد کرد .

★ (فإنَّ اللهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ) ★ :

ئەوه به راستی خودا ئەگەڕێتەوه بۆ سەری به قەبووڵی تەوبەکەی .

★ (إنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) ★ (٣٩) :

به راستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانه .

★ (أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللهَ لَهُ مُلْكُ السَّموات والأَرْضِ يُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَيَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ واللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ ؟) ★ (٤٠) :

ئایا ئەی خاوەن هۆش‌و ئەی خاوەن بیرو باوەڕ نازانی کە بە ڕاستی خودای تەعالا موڵك‌و دارایی ئاسمانەکان‌و عەرز بۆ ئەوەو عەزابی ئەوانە ئەدا کە خواستی لەسەر عەزابدانیانە . وە چاوپۆشی ئەکا لەوانە کە خواستی لەسەر چاوپۆشی پێکردنیانە . وە خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکاو هەرچی لە ئیمکانا بێ لای خودا ئاسانە ؟

فەرمووده‌ی خودا : (يا ايها الرسول ... الآيات)

موسلیم ریوایەت ئەکا لە یەحیای کوڕی یەحیا لە ئەبو موعاویەوە ، لە بەرائی کوڕی عازیبەوە ـخـ ئەڵێ : جارێ سە جاران ڕابورد بـە لای پێغەمەرا ـدـ جوولەکەیێ کـە زینای کردبو وە داخیان کردبوو داریان لێدابو لە حەددی زینادا • حەزرەت ـدـ بانگی کردن فەرمووی : ئێوە حەددی زینا وایە لاتان لە تەوراتا ؟ وتیان : بەڵێ وەهایە • جا کوڕێکی بانگ کرد لە یەهوودەکان فەرمووی پێی : سوێندت ئەدەم بەو خودایە کە تەوراتی نازڵکردوە بۆ سەر موسا ـ د ـ ئێوە حەددی زیناتـان وا چاوپێکەوتوە لە تەوراتا ؟! ئەویش وتی : نەوەڵلا ! وە ئەگەر سۆیندت نەدامایە قسەم بۆ نەدەکردی . حەددی زینـا بە موافیقی تەورات ئەمەیە کابرای زیناکار (رەجم) = سەنگەسار بکرێ . بەڵام ئەشرافەکانمان زۆر جار زینایان ئەکردو ئێمەیش هەر کاتێ یەکێ لەو ئەشرافە زینای بکردایە مەرەخەسمان ئەکردو هەر کاتێ فەقیرێ زینای بکردایە حەدمان بەسەرا جاری ئەکرد • پاش ماوەیەك بۆ گەورەو بچووك‌و ئەشراف‌و غەیرە ئەشراف بڕیارمان دا داخ بکرێ بە ڕژاندنی ئاوی گەرم بەسەریاو داری

حەدی لێ بدرێ لە باتی سەنگەسار . جا حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : (اللهم انی اول من احیا امرك اذا اماتوه فامر به فرجم) جا خودا ئەم ئایەتەی نازل کرد . (یا ایها الرسول لا یحزنك الذین یسارعون في الکفر) :

هەتا فەرموودەی خودا (ان اوتیتم هذا فخذوه) واتە یەهوودیەکان ئەڵێن : بڕۆن بۆ لای محەمەد ئەگەر فەتوای بۆ دان بە داخکردنو دارلێدان وەری بگرن ، وە ئەگەر فەتوای دا بە سەنگەسار دووربکەونەوە لێیو فەرموودەی خودا (ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون) لە شانی یەهوودایە هەتا (ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الظالمون)وە هەر لە شانی یەهوودایە هەتا (ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئك هم الکافرون) هەموو ئەمانە لە شانی کافرانا نازڵ بوون .

هەروا موسلیم ریوایەتی کردوە لە بەرائی کوڕی عازیب کە حەزرەت ـ د ـ دوو جوولەکە ـ پیاوێكو ژنێکی زیناکاری ـ ی رەجمکرد . جا قسەو باس کەوتە ناو جوولەکەکانەوە جا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون . جا خودای تەعالا فەرمووی :

★ (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِنْ قُلُوبُهُمْ) : ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست با دڵت زویر نەکا کردەوەی ناپەسەندی ئەوانە کە بە تالووکەن لە دەربڕینی کوفرو قسەو باسێکی وا کە موناسبی کوفرە ، وە ئەمانەیش لەو کەسانەن کە ئەڵێن بە دەم ئیمانمان هێناوەو لە واقیعا دڵیان باوەڕو ئیمانی نیە .

★ (وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ) : ★

وە لەو جوولەکانەیش وە ئەوانە گوێڕاگرنو ئامادەن بۆ بیستنی

درۆو دەلەسەو گوێڕاگرن بۆ کومەڵێکی تر لە جوولەکە کـــە هێشتــــا نەهاتوون بۆ حوزووری تۆ •

★ (يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مواضِعِهِ) : ★

کە کەلیماتی تەورات دوور ئەخەنەوە لە شوێنـــی خـــۆی لە پاشـــی دامەزراندنیان لە شوێنەکانی خۆیانا •

★ (يَقولُونَ : إنْ أُوتِيتُمْ هذا فَخُذُوهُ وإنْ لَمْ تُؤْتَوْهُ فاحْذَرُوا) : ★

وە ئامۆژگاری باقی جوولەکەکان ئەکەن ئەڵێن : ئەگەر لە لایەنـــی محەمەددوە ئەمەتان پێدرا کە ئێمە خۆمان بڕیارمـــان داوە بۆ حـــەددی زیناکار کە داخ و جەڵدەیە وەری بگرن لێی و قەبووڵی بکەن ، وە ئەگـــەر ئەمەتان پێ نەدرا خۆتانی لێ بپارێزن و قەبووڵی مەکەن •

★ (وَمَنْ يُرِدِ اللهُ فِتْنَتَــهُ فلَــنْ تَمْلِكَ لَــهُ مِنَ اللهِ شَيْئاً) ★

وە هەرکەسێ کە بە هۆی بەدبیری و بەدکردەوەیی خۆیەوە خـــودا بیەوێ لای بدا لە ڕێگەی ڕاست تۆ بە قەطعی خاوەنی هیچ شـــتێ نیـــت نیسبەت بەو لە لای خوداوە •

★ (اولئكَ الّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللهُ اَنْ يُطَهِّرَ قُلوبَهُمْ) : ★

ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە ناپاکە ناهەموارانە کە دەوامیان کـــرد لەسەر دوژمنایەتی ڕەهبەرو دینەکەی بە نەوعێ کە پەردەی ڕەش هات بەســـەر دڵیانا ئەوانە کەسانێکن کە خوا خواستی ئەوەی نیە دڵیان پاك بکاتەوە لە خەوش و خاڵی ڕەزیلەو نامەردی •

★ (لَهُــمْ فِي الدُّنْيــا خِزْيٌ ولَهُــمْ فِي الآخِرَةِ عَــذابٌ عَظِيمٌ) : (٤١) ★

ئەمانە لە دنیای یەکەم و لە عالەمی ژیاندا خیزی و ڕسوایی دامەزراوە

بۆیانو لە پاشەڕۆژیشا عەزابێکی گەورەیان بۆ هەیە •

★ (سَمَّاعونَ لِلْكَذِبِ اَكّالُونَ لِلسُّحتِ) : ★
ئەمانە گوێڕاگرن بۆ درۆو دەلەسەو بخۆری ماڵی حەرامـی ناڕەواو ناشیاون •

★ (فَاِنْ جاؤكَ فاحكُمْ بَيْنَهُمْ اَوْ اَعْرِضْ عَنْهُمْ) : ★
جا ئەگەر ئەمانە هاتن بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە موحاکەمەیان بکـەیو فەصڵی خوصوومەت بکەی لە ناویانا بە مەیلی خۆت رەفتار بکە : ویستت حوکم بدەی لە بەینیانا حوکم بـــدە ، وە ویستت ئیعراضیان لێ بنێی ئیعراضیان لێ بنێ •

★ (وإنْ تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَنْ يضُرُّوكَ شَيْئاً) ★ :
وە ئەگەر ئیعرازیان لێ بنێیتو حوکم نەدەی لە بەینیـانا لێیـان مەترسەو فەت ناتوانن زیانت پێبگەیەنن •

★ (وإنْ حَكَمْتَ فاحكُمْ بَيْنَهُمْ بالْقِسْطِ) : ★
وە ئەگەر حوکمیشت کرد لە بەینیانا حوکم بە عەدالەت بکە •

★ (اِنَّ اللهَ يُحِبُّ المُقْسِطِينَ) : (٤٢) ★
بە راستی خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆشدەوێ کە عەدالەتکارو راستڕەونو لە سنووری بڕیاری خودا دەرناچن •

★ (وكَيْفَ يُحَكِّمونَكَ وعِنْدَهُمُ التَّوْرِيةُ فِيها حُكْمُ اللهِ ثُـمَّ يَتَـوَلَّوْنَ مِـنْ بَعْـدِ ذلِـكَ ؟ ومـا اُولئِكَ بِالمُؤْمِنِينَ) ★ : (٤٣)

وانە : ئەم یەهوودانە چۆن تۆ ئەکەن بە حەکەم لەسەر خۆیانو رازی ئەبن بە حوکمی تۆ ؛ وەلحاڵ تەوراتیان لە لایەو حوکمی خودای تیایـەو لە پاش ئەوە کە ئەزانن حوکمی خودای تیایە پشتی لێ هەڵئەکەن ؟ ئەمانە نە ئەساسا ئیمانیان نیە بە تەورات چ جای بە تۆ ! وەلحاصڵ ئەم جوولەکانە

کە مەفرووض وایە ئیمانیان بێ بە تەوراتو پێویست بو کە بە ئەمری ئەو ڕەفتار بکەن ڕەفتار ناکەن پێی ئیستە چۆن تۆ ئەکەن بـە حاکمـی خۆیان لەگەڵ ئەوەدا باوەڕیان بەوە نیە کە تۆ پێغەمەری خودای ؟!

فەرموودەی خودا : (انا انزلنا التوراة ...)

ریوایەت کراوە لە ئەبوهورەیرەوە - خ - ئەڵێ : پیاوو ژنـێ لـە جوولەکە زینایان کرد جا لە ناو خۆیانا وتیان : با بڕۆین بـۆ لای ئـەم پێغەمەرە ئەو ڕەهبەرێکە ڕەوانەکراوە بۆ ئاسانکردنی تەکلیفات جا ئەگەر فەتوای بۆ داین بە حەددێ کە لە ڕەجم سووکتر بو قەبوولـی ئەکـەینو ئەیکەین بە دەلیلی خۆمان لە لای خوداو ئەڵێین ئەمە فەتوای پێغەمەرێکـە لە پێغەمەرانی خۆت .. جا هاتن بۆ حوزووری پێغەمەرو عـەرزیان کـرد : (یا ابا القاسم) حوکمی تۆ چیە لە پیاوو ژنێکدا کە زینا بکەن ؟ حەزرەت جوابی نەدانەوە هەتا ڕۆیشت بۆ ماڵی ئەو مالومە کە دەرسیان پێ ئەلێو لە دەرکای ماڵەکەدا ڕاوەستاو فەرمووی : سوێندتان ئەدەم بەو خودایە کـە تەوراتی ناردوە بۆ موسا ئێوە خۆتان چی ئەبینن لە تەوراتا لە حوکمی ئەو پیاوو ژنەدا کە زینا ئەکەن لە کاتێکا ژنەکە مێردی بێو کابرایش ژنی بێ؟ ئەوانیش وتیان : ئاوی گەرم ئەڕژێنن بەسەریاناو بەرو پشت سواری کـەر ئەکرێن بۆ ئەتکیانو ئەگێڕرێن بەناو شارا . وە لەویا جوانێکیان بێدەنگ بوو . کە حەزرەت چاوی پێیکەوت کە بێدەنگ بوو قسەی نـەدەکـرد حەزرەت ڕووی لێکردو ئیلحاحی لەگەڵا کرد لە بەیانی واقیعی ئەم حوکمەدا جوانەکەیش وتی : مادام تۆ ئازارمان ئەدەی لە تاقیقی ئەم حوکمەدا : بزانە کە ئێمە لە تەوراتا تەماشامان کردوە حوکمی ئەمانە سەنگەسارکردنە ، جا حەزرەت فەرمووی پێی : قسەم بۆ بکە سیرِی چی بوو وا ئێوە لە حوکمی تەورات لاتان دا ؟ ئەویش وتی : خزمی پاشاکەمان زینای کردبوو لەبـەر پایەو مەقام حەددی ڕەجم جاری نەکرا بەسەریا . لە پاش ئەو پیاوێکی بـە

حورمەتیش زینای کرد ، ویستیان رەجمی بکەن قەومەکەی نەیانهێشت ، وتیان . نابێ ئەم کابرا رەجم بکرێ هەتا گەورەکەی تریشـس نەهێنن بـۆ رەجمکردن ! جا هەردوولایان رێکەوتن لەسەر ئەوە کە حەددی زینـا بکەن بە داخو سوارکردنی کەر بەرەودواو دارلێـدان • جا حـەزرەت فەرمووی : کەوابێ من هەر حوکم ئەکەم بەوە کە وا لە تەوراتاو ئەمـری کرد هەردوکیان رەجم کردن جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

زوهری ئەڵێت : پێمانگەیشتوە کە ئەم ئایەتە نازڵ بوە لەوانا یانـی ئایەتی (انا انزلنا التورية فيها هدى ونور يحكم بها النبيون الذين اسلموا) وكان النبي ـ ص ـ منهم ، وقال معمر : اخبرني الزهري عن سالم عن ابـن عمر قال : شهدت رسول الله ـ ص ـ حين امر برجمهما فلما رجما رأيته يجنأ بيده عنها ليقيها الحجارة) • مەعنای (وكان النبي منهم) ئەمەیە کە رەجمی زیناکار لە دینی ئەمیشدا بوە •
خودا ئەفەرموێت :

★ (اِنّا اَنْزَلْنا التَّوْريةَ فِيها هُدىً ونُورٌ) ★

ئێمە تەوراتمان ناردوەتە خوارەوە بە وەزعێکی جوانو هەیە لـەوا ئایاتی وا کە ئینسان هیدایەت ئەداو شارەزای ئەکا بۆ حـەقو ، نـوورو رووناکی وایە رووناك ئەکاتەوە بەرچاوی تابیعانی ئەو کیتابە •

★ (يَحْكُمُ بِهـا النَّبِيُّـونَ الَّذيـنَ اَسْلَمُوا لِلَّذيـنَ هادُوا) : ★

حوکم ئەکا بەو تەوراتە ئەو پێغەمەرانە کـە زوو رابوردن وەکـو پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیلو ئەو تەوراتە کە نازلمان کرد بۆ ئەو کەسانەمان نازلکردوە کە یەهوودی بوون •

★ (والرَّبّانِيُّونَ والاَحْبارُ بِمـا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتابِ اللهِ) : ★

هەروا حوکم ئەکا بەو تەوراتە ئەو زاتە ڕەببانیە خوداپەرستانە وە ئەو زانا بەرزانە کە عالمو زانای دینن لەبەر ئەوە حوکمی پێ ئەکەن چونکی ئەو کینابە دراوەتە دەستیان بۆ ئەوە بیپارێزن •

★ (وكانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ) : ★

وە لەسەر تەورات حازرو ئاگادار بوون ، وە خودای تەعالا پێی فەرموون :

★ (فلا تَخْشَوُا النَّاسَ واخْشَوْنِ) : ★

لە خەڵك مەترسنو لە خودا بترسن •

★ (ولا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنَاً قَلِيلاً) : ★

وە لە بەرانبەری ئەو ئایاتی منەدا قیمەتێکی کەم وەرمەگرن •

★ (ومَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَاولَئِكَ هُمُ الكافِرُونَ) (٤٤) ★

وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خودا نازلی کردوە بزانە ئەوانە زۆر بە دڵ کافرنو بە کردەوەی نابارو بیرو باوەڕی خۆیان ڕازین •

★ (وكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ والعَيْنَ بالعَيْنِ والأَنْفَ بالأَنْفِ والأُذُنَ بِالأُذُنِ والسِّنَّ بِالسِّنِّ والجُرُوحَ قِصاص") : ★

وە فەرزمان کرد لەسەر بەنی ئیسرائیل لە تەوراتا کە نەفسێ ئەکوژرێ لە موقابیلی کوشتنی نەفسەوەو چاوێ کوێر ئەکرێ لە بەرابەری چاوێکەوە ، وە لووت ئەبڕرێ لە باتی لووتی شەخسێو گوێ ئەبڕرێ لە بەرابەری گوێی شەخسەوە ئەگەر گوێی بڕرابێ ؛ یا هێزەکەی مەنع ئەکرێ ئەگەر ئەو خاوەن جینایەتە هێزەکەی لابردبێ ، وە ژان لە بەرابەری ژانەوە ، وە بڕیارمان داوە کە لەسەر برینیش قیصاص بێ بە مەرجێ کە برینەکە قابیلی هاووێنەیی بێ ؛ وەکو دوو لێوەو زەکەرو هێلکەگونو هەردو دەستو هەردو پێ ، وە ئەوانەیان کە هاووێنەیی زەحمەت بێ

تیایانا وەکو کوترانی گۆشت یاخود شکانی ئێسقان یا برینێ لە سکدا •• ئەوە تۆڵەکەیان حوکوومەتە ، واتە حاکمی شەرع لەسەر موطالەعەی خۆی قیمەتێ دائەنێو ئەیدا بە یارۆی بریندار •

★ (فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ) : ★

هەر برینداریێو هەر خاوەن حەقێ قیصاصێك ئیحسان بکا بە یارۆی جانیو پیاوکوژ یا چەقۆ وەشێن بە سەرفی نەزەر لە حەقەکەی ئەوە ئەوە صەدەقەیە ئەبێ بە کەفارەتی ئەو گوناهانە کە وەختی خۆی کردوونی •

★ (وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا انْزَلَ اللهُ فاولئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) : (٤٥) ★

ددی هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی کە خودا نازلی کردوە لە قیصاصو لە تۆڵەی ئازار ئەوە لە ستەمکارانە ئەگەر لەگەڵ باوەڕ بە (ما انزل الله)دا لابدا لەو (ما انزل الله) وە لە کافرانە ئەگەر باوەڕی نەبێ بەوە کە خودا نازلی کردوە •

★ (وقَفَّيْنا على آثارِهِمْ بعيسى ابْنِ مَرْيَمَ) : ★

وە بە شوێن ئەو پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیلەدا عیسای کوڕی مەریەممان هێنا •

★ (مُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّورية ِ) ★

کە حاڵی وابو باوەڕی هەبو بەو کتێبە لە پێش ئەوا هاتبوە خوارەوە کە تەوراتە •

★ (وآتَيْناهُ الانْجِيلَ فِيهِ هُدىً ونُور) : ★

وە ئینجیلمان نازڵکرد بۆ سەر عیسا کە حاڵی ئینجیل وابو لە مەعنای ئەودا هیدایەتو شارەزاکردنی ئادەمیزاد هەبو بۆ ئەو دەلیلانە کە یەکێتی خودایان ئەگەیاندو خودایان تەنزیهـ ئەکرد لە ژنو ئەولادو لە وێنە وە دوژمنێ بەرانبەرکێی لەگەڵدا بکا وە هەروا باسی ریسالەتو نوبوەتی تێدا بوو وە باسی مەعادی جیسمانیو زیندوبوونەوەی جینو

ئینسی تێدا بوو وە نووریشی تێدا بوو واتە ڕووناککردنەوەی ئەحکامی عیبادەت‌و تەکلیفاتی ئادەمیزاد بە ئەحکامی شەرعیە •

★ (وَمُصَدِّقاً لِما بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّورِيةِ وَهُدىً وَمَوْعِظَةً لِلمُتَّقِينَ) (٤٦) ★

وە حەی ئینجیل وابو باوەڕی دەرئەبڕی بەو کتێبە لە پێش خۆیەوە نازڵ بو کە تەوراتەو هیدایەت‌و شارەزاکردنی عالەمی تیابو بۆ نزیکی هاتنی پێغەمەری ئاخرزەمان کە محەمەدە ـ د ـ وە وەعزو نەسیحەتی ئادەمیزادی تالیب بۆ تەقوای تێدا بوو •

★ (وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الإِنْجِيلِ بِما أَنْزَلَ اللهُ فِيهِ) : ★

وە لەو کاتەدا کە ئینجیلمان دا بە عیسا بڕیارمان دا کە ئەهلی ئینجیل واتە پێغەمەرەکە وەکو حەزرەتی عیسا بێ‌و پەیڕەوەکانی وەکو حەواریەکان حوکم بکەن بەوەی کە خودا نازلی کردوەو بەیانی کردوە تیایا • یاخود با ئیستە ئەهلی ئینجیل حوکم بکەن بەوەی کە خودا لە ئینجیلدا دەری بڕیوە وەکو ریسالەتی محەمەد بێ ـ د ـ •

★ (وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ فَاولئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ) (٤٧) ★

وە هەرکەسێ حوکم نەکا بەوەی خودا نازلی کردوە ئەوە بە فاسقێکی تۆخ ئەناسرێن ، واتە بە کەسانێ کە دەرچوون لە فەرمانی خودای تەعالا •

★ (وَأَنْزَلْنا إِلَيْكَ الكِتابَ بِالحَقِّ) ★ :

ئەی پێغەمەری خۆشەویست قورئانمان نازڵکردوە بۆ لای تۆ بە نازلکردنێ کە لەگەڵ ڕاستی‌و واقیعیەتایە ، درۆی تێدا نیەو موخالیفی واقیع‌و موباینی وەزعی ئادەمیزاد نیە •

★ (مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الكِتابِ) : ★

حالی ئەو قورئانە وایە باوەڕ دەرئەبڕێ بە جینسی ئەو کیتابە کە لە

پێش ئەودا نازڵ بوە وەکو ئینجیلو زەبوورو تەورات •

★(ومُهَيْمِناً عليْهِ) : ★

وە حاڵی قورئان وایە نیگاهبانە بۆ ئەو کتێبە کە لە پێشدا نازڵکراوە • واتە ئەگەر بیانەوێ دەستیان بۆ ببەنو تەحریفێ بکەن گورج ئەم بەیانی ئەو تەحریفە ئەکات •

★ (فاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِما اَنْزلَ اللهُ) : ★

هەر کاتێ هەر قەزیەیەکیان هێنایە لای تۆ تۆ حوکم بدە لە ناویانا بە یاسای ئەو کتێبە کە خودا نازڵی کردوە وەکو قورئان بێ •

★ (ولاَ تَتَّبِعْ اَهْواءَهُمْ عَمَّا جاءَكَ مِنَ الحقّ) ★

وە مەکەوە شوێن ئارەزووی ئەوانە بە نەوعێ کە لات بدا لەو قورئانە حەقە کە هاتوەتە لات ، چونکی ئەمڕۆ ڕۆژی قورئانەو دەستوور هەر قورئانەو زمانی ئێوەو ئومەتی ئێوە ئومەتی ئەم شەریعەتە بەرزەیە کە قورئان ئیفادەی ئەکا ، وە حوکم لەسەر کتێبە قەدیمەکانیان نیە •

★ (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً ومِنْهاجاً) : ★

بۆ هەرکامێ لە ئێوە شەریعەتو مینهاجو رێگەو یاسایەکم داناوە ، زەمانی پێشووی کۆن زەمانی شەرعی ئیبراهیم خەلیل بوە ، لە پاش ئەو زەمانی شەرعی عیسا بوو ، وە ئەم زەمانیشە زەمانی شەرعی (محمد المصطفى)یە •

★ (ولَوْ شاءَ اللهُ لَجَعَلَكُمْ اُمَّةً واحِدَةً) : ★

ئەگەر خودا بیویستایە ئێوەی ئەکرد بە یەك ئوممەتی تەنیا لە بیرو باوەڕداو لە کردەوەداو لە خێرو شەڕدا •

★ (ولكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ في ما آتيكُمْ) ★

بەڵام هەرکام لە ئێوە شەریعەتێکی پێداوە بۆ ئەوە کە تەجرەبەتان بکا لەو ئەحکامە موختەلیفەو لەو یاسا جیاوازانەدا •

★ (فاسْتَبِقوا الْخَيْراتِ) : ★

دەی تێکۆشێن بۆ ئەوە بکەونە پێشەوەو بە ئومەتێکی بەرز حسێب بکرێن •

★ (الی اللهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً) : ★
گەڕانەوەی هەمووتان هەر بۆ لای خودایە •

★ (فَيُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفونَ) : ★ (٤٨)
جا لە رۆژی خۆیا خودا خەبەردارتان ئەکا بە حەق لەو مەسئەلانەدا کە ئێوە ئیختیلافتان هەبوو تێیانا ، وە باش حالّی ئەبن کامتان لەسەر حەقو کامتان لەسەر ناحەقن‌و جەزای کردەوەکانیشتان باشە یا نە •

فەرموودەی خودا : (وان احكم بينهم ... الآية)

ئیبن‌و عەباس ـ خ ـ ئەفەرموێت : کۆمەڵێ لە یەهوود وەکو کەعبی کوڕی ئوسەیدو عەبدوللای کوڕی صوریاو شاسی کوڕی قەیس لە ناو خۆیانا وتیان : با بڕۆین بۆ لای محەمەد بەڵکو هەڵیسووڕێنین لە فیکرەی دینەکەی ! جا هاتن بۆ خزمەتی‌و وتیان : ئێمە ئەشرافی یەهوودین ئەگەر پەیڕەوی تۆ بکەین باقی یەهوود ئیمانت پێ دێنن‌و ئیستە ئێمە لەگەڵ بازێ دوژمن‌و ناحەزمانا موحاکەمەیەکمان هەیە ئەیهێنین بۆ لای تۆ رجا وایە کە تۆ حوکم بۆ ئێمە بدەی جا ئێمەیش بە یەك دڵ‌و یەك زمان ئیمانت پێ دێنین‌و حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : حاشا ئێمە بە غەیری حەق حوکم بدەین ، حەق بۆ هەرکەسێ بو حوکم بۆ ئەو کەسە ئەدەین ، جا ئایەتەکە نازڵ بوو :

★ (وانِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِما اَنْزَلَ اللهُ ولا تَتَّبِعْ اَهْواءَهُمْ) : ★
واتە ئێمە کیتابمان نازڵ‌کردوە بۆ لای تۆ بە حەق‌و بەمە کە حوکم بدەی لەناویانا بەوەی کە خودا نازڵی کردوە‌و مەکەوەرە شوێنی ئارەزووی ئەوان . چونکی ئارەزوویان لەسەر خیلافی حەقە •

★ (واحْذَرْهُمْ اَنْ يَفْتِنوكَ عَنْ بَعْضِ ما اَنْزَلَ اللّهُ اِلَيْكَ) ★

وە خۆت پەنا بدەو خۆت بپارێزە لەوانو لە فیتنەی ئەوان ، واتە لەوە کە دوورت بخەنەوەو هەڵتسوورێنن لە رەفتارکردن بە بازێ لەوەی کە خودا نازڵی کردوە بۆ لای تۆ یانی لەو مەسئەلەدا کە ئەیانەوێ بە ئارەزووی ئەوان حوکمی تێدا بدەی •

★ (فاِنْ تَوَلَّوْا فاعْلَمْ اَنَّما يُريدُ اللّهُ اَنْ يُصيبَهُمْ بِبَعْضِ ذُنوبِهِمْ) : ★

جا ئەگەر لایان دا لەو حوکمە شەرعیە کە تۆ بەیانت کردوەو کەوتنە دووی هەوای خۆیان ئەوە بە یەقین بزانە خودای تەعالا ئەیەوێ کە ئەو جولەکانە بە بازێ لە گوناهەکانی خۆیان گیرودە بکات ، لای کەمی گوناهی ئەم پشتهەڵکردنە لە حوکمی تۆ •[1]

★ (واِنَّ كثيراً مِنَ النّاسِ لَفاسِقونَ) : (٤٩) ★

وە بە راستی زورمەی ئەم ئادەمیزادە لە فەرمانی خودا دەرچوون •

★ (افَحُكْمَ الجاهِلِيَّةِ يَبْغونَ ؟) : ★

ئایا ئەمانە حوکمی زەمانی نەفامیو نادانیو حوکمی ئارەزووبازییان ئەوێ لە زەمانی پیرۆزی ئیسلاماو لەو خاوەنی دینە کە بۆ ئەوە هاتوە حەق دابمەزرێنێ لە جیهانا ؟

★ (ومَنْ اَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْماً لِقَوْمٍ يُوقِنونَ ؟) : (٥٠) ★

کێیە باشترو جوانترو راستتر بێ لە خوصووصی حوکمکردنەوە لە خودا بەرابەر بەو قەومەی کە باوەڕیان هەیە بە حەق •

---

(١) لام وایە کەلیمەی (بعض) لەم شوێنانەدا بۆ تەفخیمو تەکثیرە ، یانی (ان یصیبهم بکثیر من ذنوبهم) •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا لا تتخذوا ..)

عەضیەی عەوفی ئەڵێ : عوبادەی کوڕی صامیت هات بـۆ خزمەتـی پێغەمەر ـ د ـ عەرزی کرد : یا رەسوولەڵڵا گەلێ دۆسـتو ئاشنام هـەن لە یەهوود بە ژمارە زۆرنو ئامادەی یارمەتین ، بەڵام من لە دۆستی ئـەوان لائەدەم بۆ دۆستی خوداو پێغەمەری خودا . وە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبـەی وتی : من پیاوێکم لە مسیبەتی دنیا زۆر ئەترسمو قەت ناتوانم لە دۆسـتی یەهوود دەسـبەردار بیم ! جا حەزرەت فەرمووی : ئەی ئەبو حـەباب هەر دۆستێتو هەر یارمەتیەك کە لە یەهوودەوە دەست ئەکەوێ بۆ عوبادەی کوڕی صامیت ئەوەیش هەر بۆ تۆ بێ نەك بۆ ئەو . عەبدوڵڵایش وتی : قەبووڵم کرد . جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو ، فەرمووی :

★(یا اَیُّهـا الّذِینَ آمَنـُـوا لا تَتَّخِـذُوا الیَهـودَ والنَّصاری اَوْلِیاءَ) : ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام ! یەهوودو نەصـارا مەگرن بە دۆستی خۆتان !

★ (بَعْضُهُمْ اَوْلِیاءُ بَعْضٍ) : ★

بازێ ئەوانە دۆستی بازێکیانن‌و دۆستی ئێوە نین .

★ (ومَنْ یتَوَلَّهُمْ مِنْکُمْ فَاِنَّهُ مِنْهُمْ) : ★

وە هەرکەسێ لە ئێوە ئەوانە بکا بە دۆست ئەوە لەوانەو بە زاڵـمو ستەمکار ئەناسرێ‌و خودا یارمەتی ناداو رێگەی ناکەوێ لە شتی خێر .

★ (اِنَّ اللهَ لا یَهْدِی الْقَوْمَ الظّالِمِینَ) : (٥١) ★

بە راستی خودا هیدایەتی کۆمەڵی زاڵمان نادا .

★ (فَتَرَی الّذِینَ فِي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ یُسارِعونَ فِیهِمْ) : ★

تەماشا ئەکەی ئەو کەسانە کە لە دڵیانا نەخۆشـی نیفـاق هەیـە پەلەپەل ئەکەن بۆ چوونە ناویان‌و دۆستی‌کردن لە گەڵیانا .

★(یقـُولونَ : نَخـْشی اَنْ تـُصیبـَنا دائِرَةٌ) : ★

ئەڵێن : لە بەر ئەوە ئەمانە ئەکەین بە دۆستی خۆمان ترسمان هەیە کە کارەساتی نابار بێت بە سەرمانا یا ئەو کۆمەڵەمان بیێ بۆ یارمەتی !

★ (فعَسی اللهُ اَنْ یاْتِيَ بِالفَتْحِ اَوْ اَمْرٍ مِنْ عِنْدِهِ) : ★

ئومێد هەیە کە خودای تەعالا فەتحو نەصرەتێ بدا بە موسوڵمانان بەسەر کافرەکانا . یاخود ئیشێکی تر لای خۆیەوە بێنێتە رووی کار بەم نەوعە ودزعێ رێبکەوێ بیێ بە هۆی دەرچوونی یەهوود لەم ولاتە .

★ (فَیُصْبِحوا عَلی مَا اَسَرّوا في اَنْفُسِهِم نادِمینَ) : (٥٢) ★

جا ئەم کەسانە کە یەهوودیەکانیان ئەگرت بە دۆست بۆ یارمەتیدانیان لە سەر ئەو بیروباوەڕە کە لە دڵیانا بو پەشیمان بنەوە .

★ (ویَقولُ الّذینَ آمَنُوا : اَهؤُلاءِ الّذینَ اقْسَمُوا بِاللهِ جَهْدَ اَیْمانِهِمْ اِنَّهُمْ لَمَعَکُمْ ؟) : ★

جا لەو کاتەدا کە خودا وەزعی دنیای گۆڕیو جوولەکەکان لێکەوتنو منافقەکان نەیانتوانی یارمەتی جوولەکەکان بدەن بەڵکو خۆیشیان کەوتنە ترسو بیمی نەفسوماڵو حاڵی خۆیانەوە .. موسوڵمانەکان ئەڵێن بە جوولەکەکان : ئایا ئەم منافقانە بوون کە سوێندی قورسیان ئەخوارد کە لەگەڵ ئێوەدانو هەمیشە یارمەتیتان ئەدەنو نایەڵن لە لایەنی موسوڵمانەکانەوە زیانتان پێبگا وە ئەگەر جەنگتان لەگەڵدا بکرێ یارمەتیتان ئەدەینو نایەڵین بشکێن ؟ !

★ (حَبِطَتْ اَعْمالُهُمْ فاَصْبَحوا خاسِرینَ) : (٥٣) ★

جا خودا ئەفەرموێت : ئەو منافقانە کە ئامادە بوون بـۆ یارمەتـی جوولەکەکانو گەلێ هاتوچۆو فرت‌وفێڵیان کرد هەموو کردەوەکانیان بەزایـە چوو سوودیان لێ وەرنەگرتو ئەنجامی ئەو منافقانە زیانکاری بوو •

★ (يا ايّها الّذينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأتي اللهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ اذِلَّةٍ على المُؤْمِنِينَ اعِزَّةٍ على الكافِرينَ) : ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام هەر کەسـێ لە ئێوە وەرگەڕێتەوە لە دینەکەی کە دینی ئیسلامە بزانن دینی ئیسلام بە وەرگەڕانی ئەوانە نافەوتێو لە پاش ئەوان خودای تەعالا قەومێ دێنێ بۆ هەڵگرتنی دینی ئیسلام کە خودا ئەوانی خۆش‌ئەوێو ئەوانیش خودایان خۆش ئەوێ • لە صیفاتی ئەو قەومە ئەمەیە کە : لەبەر میهرەبانیو ئارامی خۆیان کز ئەکـەن لە لای موسولمانەکان لەبەر شکۆهی زاتی ، وە عەزیـزو زاڵـن بەسـەر کافرەکانا •

★ (يُجاهِدونَ في سَبِيلِ اللهِ) : ★

وە جیهاد ئەکەنو ئەڕۆنە ناو جەنگی کافرانەوە بە بـێ ئومێـدی دەسکەوتێکی دنیایی . بەڵکو تەنیا لە رێگەی رەزای خوداداو لـەبـەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی (لا اله الا الله) •

★ (ولا يخافونَ لَوْمَةَ لائِمٍ) : ★

وە لە کاتی دەوام لەسەر بەجێهێنانی ئەحکامی ئیسلامدا و لە کاتی ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە بە نەوعێ بە ساغـی جـێ‌بەجێیـان ئەکـەن کـە سەرزەنشیان نایەتە سـەر لە لایەنـی کەسـەوە هـەتا لـەوە بترسن ، وە یاخود واجبی خۆیان بەجێ دێننو هەرکەس بە هەر شێوەیـێ سەرزەنشیان بکات موبالاتی پێ ناکەنو لێی ناترسن •

(ذٰلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاءُ) : ★

ئەم نەعتو وەسفی ئەوانە کە باسمان کرد لە فەضـــلو گەورەیـــی خوداوەیە کە لەگەڵ ئەوانا کردوویەتی •

★ (واللهُ واسِعٌ عَلِيمٌ) : (٥٤) ★

خودای تەعالا واسیعو خاوەن دەستەڵاتە لە فەضلو رەحمەتا زانایشـە بەوانە کە ئەهلن بۆ ئەو فەضلە ئەیانداتێ •

ئەم ئایەتە بەرزە زۆر بەرێزەو ئیخبار بەغەیبی تێدایەو لـــە واقیعـا گەلێ عەرەب لە دین وەرگەڕانەوە کەچی زیانیان نەدا لە دینی ئیسلامو دیـن زیاتر بەرزەوەبو ، وە لە ئاخری عەهدی حەزرەتا ـ د ـ سێ تائیفە لە دیـن وەرگەڕان ، یەکەم : فیرقـــەی (بنی مدلـــج)و گـــەورەی ئەمـــان (اسود عنسی)بو مەشهوور بو بە (ذی الحمار !) ئەمە لە یەمەنـــدا داوای پێغەمەرایەتی کرد بۆ خۆیو گەلێکی لە وڵاتی یەمەن داگیرکرد • لە پاش ماوەیەك فەیرۆزی دەیلەمی لەو شەوەدا حەزرەت وەفاتی کرد کوشتی ، وە هەر لەو شەوەدا حەزرەت لە پێش وەفاتیا خەبەری بە ئەصحابەکان دا کـــە (اسود عنسی) ئیمشەو کوژرا ، وە موسوڵمانەکان زۆریان پێ خـۆشـــ بوو ئەم باسە لە ئاخری (ربیع الاول)دا گەیشت بە مەدینەی مونەووەرە •

دووهەم : (بنو حنيفة) کۆمەڵی موسەیلەمەی کەذذاب ، ئەمیش داوای پێغەمەرێنی کردو نامەی نووسی بۆ حەزرەت ـ د ـ : (من مسيلمة رسول الله الى محمد رسول الله • اما بعد فان الارض نصفها لی ونصفها لك • فاجاب رسول الله (ص) : من محمد رسول الله الى مسيلمة الكذاب ! اما بعد : فان الارض لله يورثها من يشاء من عباده والعاقبة للمتقين) •

جا پاش وەفاتی حەزرەت ـ د ـ ئەبوبەکری صدیق بە کـۆمەڵێکـــی زۆر لە موسوڵمانانەوە جەنگی لەگەڵدا کردو (وەحشی)ئـــەوەی کـــە (حمزە)ی مامی پێغەمەری لە ئوحودا شەهید کرد رۆیشـــت (مسـیلمە)ی کێشتو شافەیان بڕایەوە •

سێهەم : بەنی ئەسەد قەومی (طليحة)ی کوڕی (خويلد) داوای نوبوەتی کردو حەزرەت ــ د ــ خالیدی کوڕی وەلیدی نارده سەری ، ئەویش لەپاش جەنگێ رای کرد بۆ شامو لەوێ گەڕایەوە بۆ ئیسلامیەتو بو بە موسوڵمانێکی باش •

وە لە زەمانی حەزرەتی ئەبوبەکرا ــ خ ــ حەوت قەبیلە یەکەم : قەبیلەی (فەزارە) قەومی (عیینەی کوڕی حصنی فزاری) • دووهەم : (غطفان) قەومی (قرەی سلمەی قشیری) • سێهەم : قەبیلەی (سليم) قەومی (فجائەی کوڕی عبد ياليل) ؛ چوارەم : قەبیلەی (بنی يربوع) قەومی (مالیکی بنی نويرە) • پێنجەم : بازێ لە قەبیلەی (تەمیم) هۆزی (سجاح کچی منذر) کە داوای پێغەمەرێتی کردو شووی کرد بە (مسيلمە)ی (کذاب) • شەشەم : قەبیلەی (کندە) قەومی (اشعث کوڕی قیس) • حەوتەم . قەبیلەی (بەنی بەکری بەنی وائيل) لە (بحرين)دا کە قەومی (حطم)ی کوڕی زەید بوون ؛ خودا هەموو ئەمانەی لەسەر دەستی ئەبوبەکری صدیقدا لە ناوبرد •

وە لە عەهدی خەلافەتی عومەری کوڕی خەطابدا (غسان) قەومی (جبلەی کوڕی ايهم) بوون بە گاورو رۆیین بۆ شام •

فەرموودەی خودای تەعالا : (انما وليكم الله ورسوله .. الآية)

ریوایەتکراوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ــ خ ــ کە جارێ عەبدوڵڵای کوڕی سەلام هات بۆ لای حەزرەت ــ د ــ عەرزی کرد : یا رەسوولەڵڵا کۆمەڵێ لە یەهوودی (بنی قريظة)و (بنی النضير) تەرکیان کردووینو سوێندیان خواردوە کە لە گەڵمانا دانەنیشنو ئێمەیش ناتوانین بگەین بە ئەصحابەکانی تۆ لەبەر دووری جێگەیانو زۆر ئازاری دڵی خۆیان دەربڕی ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو خودا فەرمووی :

★ (اِنَّما ولِیُّکُمُ اللهُ ورسولُهُ والَّذِینَ آمَنُوا) : ★

دۆستو هاورِازو نیازی ئێوە هەر خودایەو پێغەمەری خودایەو ئـــەو کەسانەن کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام •

★ (الَّذِینَ یُقِیمونَ الصَّلوةَ ویُؤْتُونَ الزَّکوةَ وَهُـــمْ راکِعونَ) : (٥٥) ★

ئەو کەسانە کە بە رەسایی نوێژەکانیان بەجێ دێنن‌و زەکاتی مالّـــی خۆیان ئەددن بە داماوان ، وەلحالّ ئەهلی خوشووع‌و خەوف‌و خەشیەتـــن لە نوێژەکانیانا • وە بازێ ئەڵێن : ئەم ئایەتە نازڵ بوە دەرحەق بە حەزرەتی عەلی کە لە روکووعا بوە فەقیرێ داوای شتی لێ‌کردوە ئەویش ئەنگوسیلەی لە پەنجەی خۆی دەرهێناوەو داویە بە فەقیرەکە •

★ (ومَنْ یَتَوَلَّ اللهَ ورسولَهُ والَّذینَ آمَنُوا) : ★

وە هەر کەسێ خوداو پێغەمەری خوداو موسوڵمانەکان بگرێ بـــە دۆستو خۆشەویست •

★ (فاِنَّ حِزْبَ اللهِ هُمُ الغالِبونَ) : (٥٦) ★

ئەوە ئەو کەسە غاڵب‌و سەربەرزە ، چونکی ئەو کەسە لە کۆمەڵـــی خودایەو کۆمەڵی خودا غاڵب‌و سەرکەوتوون •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا ...)

ئیبن‌و عەبباس ـ خ ـ فەرموویەتی : رەفاعەی کوڕی زەیدو سوەیدی کوڕی حارث ئیعلانی ئیسلامیەتیان کردو لە پاشا کەوتنە ناو نیفاقـــەوە ، کەچی لەگەڵ ئەمەدا موسوڵمانەکان دۆستییان لەگەڵ دەکـردن جا خـــودا فەرمووی :

★ (یا ایُّها الَّذِینَ آمنوا لا تَتَّخِذُوا الَّذِینَ اتَّخذُوا دِینَکُمْ هُزُواً ولَعِباً مِنْ الَّذِینَ اوتُوا الکتابَ مِنْ قَبْلِکُمْ والکُفّارَ اوْلیاءَ) : ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام مەگرن بە دۆستی خۆتان ئەو کەسانە کە دینی ئێوەیان کردوە بە جێگای گاڵتەو یاری لەوانە کە کیتابیان پێدراوە لە پێش ئێوەداو لە کافرەکانی تر ، چونکە ئەمانە نابن بە دۆستی ساغی ئێوە وە دۆستیی لەگەڵ ئەوانا بێ ئەنجامە •

★ (واتَّقُوا اللهَ اِنْ کُنْتُمْ مُؤمِنِینَ) : (٥٧) ★

وە لە خودا بترسن‌و خۆتان بپارێزن لە دۆستیی کافران ئەگەر بە راستی خۆتان بە خاوەن ئیمان ئەزانن •

★ (واِذا نادَیْتُمْ اِلی الصَّلوةِ اتَّخَذُوها هُزُواً ولَعِباً) : ★

وە کاتێ بانگ ئەدەن‌و موسوڵمانان بانگ ئەکەن بێن بۆ نوێژکردن ئەو نوێژە یا ئەو بانگدانی ئێوە ئەکەن بە گاڵتەو گەپو بە شتێکی بێ سوودو بێ نرخی دائەنێن •

★ (ذلِکَ بِاَنَّهُمْ قَوْمٌ لا یَعْقِلونَ) : (٥٨) ★

ئەم گاڵتەکردنیانە بە بانگ یا بە نوێژ لەبەر ئەوەیە ئەمانە قەومێکی بێ عەقڵ‌و نەفام‌و ئاگاداری ئەنجامی ئەم بانگ‌و نوێژە نین ، نازانن‌و باوەڕیان نیە ئەم دینی ئیسلامە راستە ئەگینا ئادابی دین پێویستە کاتی دیاری بێ‌و کەسێ ئەهلی دینە ئاگادار بکرێ لەو کاتە ، چونکی گەلێ کەس بە هۆی کارو کردەوەوە کات فەرامۆش ئەکەن‌و پێویستیان هەیە بە ئاگادارکردن • وە ئایەتی (ومن احسن قولا ممن دعا الی الله) نازڵ بوو • ئەگێڕنەوە : گاورێ بوو لە مەدینەدا هەر کاتێ بانگی ئەبیست‌و بانگدەرەکە ئەیوت : (اشهد ان محمدا رسول الله) ئەیوت : درۆزن

ئاگری تێ چێ ! جا رۆژێ لە رۆژان خزمەتکارەکەی ئاگری بردە ماڵەوەو پزیسکێ لە ئاگرەکە کەوتەوە ماڵو خانوەکەی ئاگری تێچو خۆیو ئەهلی خانوەکەی سووتان •

★ (قُلْ : يا اَهْلَ الكِتابِ ! هلْ تَنْقِمُونَ مِنّا اِلاّ اَنْ آمَنَّا بِاللهِ ومَا اُنْزِلَ اِلَيْنا ومَا اُنْزِلَ مِنْ قَبْلُ ؟ واَنَّ اَكْثَرَكُمْ فاسِقونَ !) : (٥٩) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ : ئەی خاوەن کیتابەکان ! ئایا ئێوە عەیب ئەگرن لە ئێمە ئیللا بەم عەیبە کە ئێمە ئیمانمان هەیە بە خوداو بەو کیتابە کە هاتوەتە خواردوە بۆ لای ئێمە وەکو قورئان بێو ئەو کیتابەی کە نازلکراوە لە پێش ئێمەدا وەکو ئینجیلو تەورات بن ، وەلحاڵ ئێوە زورمەتان فاسقنو لە رێگەی راست دەرچوون •

فەرموودەی خودا : (قل هل انبئكم بشر من ذلك مثوبة عند الله .. الآية)

ئیبنو عەبباس ـ خ ـ ئەفەرموێت : کۆمەڵێ یەهوود هاتن بۆ لای پێغەمەر ـ د ـ و پرسیاریان لێکرد کە : تۆ ئیمانت بە کێ لە پێغەمەران هەیە ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمانم هەیە بە خوداو بەو کیتابە کە هاتوەتە خوار بۆ لای ئێمەو بۆ لای ئیبراهیمو ئیسماعیل هەتا گەیشتە (ونحن له مسلمون) جا کاتێ کە حەزرەت باسی نوبووەتی عیسای کرد جوولەکەکان ئینکاری نوبودتیان کردو وتیان : وەڵڵاهی نازانین کەس بێ وەکو ئێوە بێ بەخت لە دنیاو قیامەتاو نازانین بە دینێ کە خراپتر بێ لە دینی ئێوە ! جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو :

★ (قُلْ : هَلْ اُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذلِكَ مَثُوبَةً عِنْدَ اللهِ ؟ : مَنْ لَعَنَهُ اللهُ وغَضِبَ عَلَيْهِ وجَعَلَ مِنْهُمُ القِرَدَةَ والخَنازِيرَ وعَبَدَ الطّاغوتَ) : ★

نۆ . ئەی پێغەمەری خۆشەویست . بڵێ بەو جوولەکانە : ئایا مـن خەبەرتان پێبدەم بە کەسێ کە خراپتر بێ لەو کەسەی ئێوە بە خراپـی ئەزانن لە خوصووصی جەزای لای خوداوە ؟ : ئەوە ئەو کەسەیە کە خودا لەعنەتی لێ کردوەو غەزەبی لێ گرتوە . وە کەسانێ کە خوا بازێکیانی مەسخ کردەوەو کردنی بە مەیموون وەکو ئەو یەهوودانە کە بێفەرمانی خودایان کرد لە شەمەداو کەسانێ کە خوا بازێکیانی مەسخ کردەوەو کردنی بـە بەراز وەکو ئەوانە کە لە مەسئەلەی (مائدە)کەی عیسادا کوفریان کرد . وە یاخود ئەو یەهوودە نافەرمانانە کە جوانەکانیان مەسخ کراوەو بـوون بـە مەیموونو پیرەکانیان کران بە بەرازو کەسێکی وا کە عیبادەتی کرد بـۆ شەیتانو گوێرەکەی پەرست وە یاخود کاهینە نامەردەکانی پەرست .

★ (اولئكَ شَرٌّ مَكاناً واَضَلُّ عَنْ سواءِ السَّبيلِ) : (٦٠) ★

ئەوانە کە خودای تەعالا لەعنەتی لێکـردوون زۆر خراپتـرن لـە موسوڵمانەکانو زۆرتر دوورکەوتوونەوە لە رێگەی راستو گومڕاتـرن لە خوصووصی رێگاوە .

★ (واِذا جاؤُكُمْ قالُوا : آمَنّا) : ★

ئەو جوولەکانە لە کاتێکا دێن بۆ لای تۆ ئەڵێن ئیمانمـان هێنا بـە خوداو پێغەمەری خودا .

★ (وقَدْ دَخَلُوا بِالْكُفْرِ وهُمْ قَدْ خَرَجوا بِهِ) : ★

وەحاڵ ئەو جوولەکانە بە کوفرەوە داخڵی حوزووری تـۆبـوونو هەر بەو جۆرەیش بە کوفرەوە دەرچوون .

★ (واللهُ اَعْلَمُ بِما كانُوا يَكْتُمونَ) (٦١) ★

وە خودای تەعالا عالمترو زاناترە بەو کردەوە نابارانەو بەو وتـارە ناهەموارانە کە ئەوان ئەیانکەن .

★ (وتَرى كَثِيراً مِنْهُمْ يُسارِعونَ في الاِثمِ والعُدْوانِ) : ★
وه گەلێ کەس لەو جووله‌كانه یا لەو منافقانه ئەبینی کـه پـەله ئەکەن له خواردنی مالی حەرامدا به بێ ترس‌و پەلەپـەل ئەکـەن لـه ستەمكردنا •

★ (واَكْلِهمُ السُّحْتَ) : ★
وه پەله ئەکەن له بەرتیل‌خواردنا که زۆر حەرامه •

★ (لبِئْسَ ما كانُوا يَعْمَلونَ) : (٦٢) ★
به تەئکید بزانن که زۆر خراپ‌و نابارە ئەو کردەوانه کـه ئـەوان ئەیکەن • یا پەلەپەل ئەکەن له گوناهکردن‌و دوژمنایەتـی ئـەوانـەدا که لەسەر حەق‌و راستی ئەڕۆن‌و له خواردنی مالێ که حەرام بێ وه ئـەم خووەو ئەم کردەوه نابارە زۆر ناهەموارە •

★ (لولا يَنْهيهمُ الرَّبَّانِيّونَ والاحبارُ عن قَوْلِهِمُ الاِثْمَ واَكْلِهِمُ السُّحْتَ) ★ :
ئەوه بۆچی پیاوه خوداناسەکانیان ــ به داوای خۆیان ــ وه پیـاوه زاناکانیان مەنعی ئەو یەهوودانه ناکەن له وتاری ناشیرین‌و موخالیف بـۆ ئایین‌و له خواردنی ریشوەو بەرتیل ؟

★ (لبِئْسَ ما كانُوا يَصْنَعونَ) : (٦٣) ★
زۆر خراپه ئەم یاسایه که به دیقەت دایانمەزراندوه بۆ خـۆیان کـه وەها زاق‌زاق ئەڕوانن بەو کردەوه نابارانەو ئەو رەفتارە ناهەموارانه کـه لەبەر چاویانا ئەکرێ‌و به قەطعی وەکو کەڕو لاڵ بێ‌دەنگ داکەوتوون •

★ (وقَالَتِ الْيَهُودُ : يَدُ اللهِ مَغْلولَةٌ) : ★
جووله‌كه بێ شوعوورەکان ئەڵێن : دەسـتی خـودا زنجیرکـراوەو مەنع‌کراوه له ماڵ سەرفکردن بۆیه ئەوەنده ماڵ سەرف ناکا که هەمـوو کەس دەوڵەمەند بێ •

★ (غُلَّتْ اَیْدِیهِمْ ولُعِنُوا بِما قالُوا) : ★

یا خوا دەستی ئەو جوولەکانە زنجیر بکرێو دوور بخرێنەوە لە ڕەحمەتی خودا لەسەر ئەم قسە قورسە بێ مەعنایانە •

★ (بَلْ یَداهُ مَبْسوطَتانِ) : ★

بەڵکو هەردو دەستی خودا کراونەتەوە •

★ (یُنْفِقُ کَیْفَ یَشاءُ) :★

وە سەرفی دارایی‌و پایەو مایە ئەکا هەرچۆنێ خواستی هەبێ ، بەڵام خودا لەسەر حیکمەتی خۆی یاسایەکی داناوە بۆ گیانلەبەر بە تایبەتی بۆ ئادەمیزاد کە بریتیە لە یاسای فێربوون بە عیلم‌و صەنعەت‌و تێکۆشین بۆ وەرگرتنی دەسکەوتی باش ، جا هەرکەس یا هەر کۆمەڵێ لەسەر ئەم یاسا ڕۆیشتن بە ڕێگەدا غالبا سوودی زۆری لێ وەرئەگرن • ئەمە لە ناحیەیەکەوە لە لایەکی تریشەوە خودا خۆی عالەمی دروستکردوەو ئەفرادی گیانلەبەرەکانیشی دروستکردوەو ئەزانێ حاڵیان چۆنەو چی مونسبە بە حاڵیان وە ئەم تەمیزە لە سەر ئەو حیکمەتەیەو غەیری خودا کەس ئەوە نازانێ • (بناء علیه) حەقی قسەکردنیان نیەو هەرچی بڵێن زیادو بێ سوودەو زیانی هەیە بۆ خۆیان •

★(ولَیَزِیدَنَّ کَثیراً مِنْهُمْ ما اُنْزِلَ اِلَیْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغْیاناً وکُفْراً) ★

وە ئەم قەومی یەهوودە ئەوەندە حەسوودو نامەردن حەسوودی ئەبەن بە بەش‌و بارەی هەموو کەسێ‌و زیاد ئەکا بۆ گەلێ لەوان‌و بۆ زۆربەی ئەوان ئەم ئایاتە کە لە لایەنی خوداوە دێنەخوارەوە بۆ سەر تۆ زیاد ئەکا بۆیان طوغیان‌و کوفرو لادان لە ئەمری خودا •

★ (والْقَيْنا بَيْنَهُمُ العَداوةَ والبَغْضاءَ اِلى يَوْمِ القِيامةِ) : ★

وه دوژمنایەتیمان خستوەتە ناو بەینی ئەم کۆمەڵی بەنی ئیسرائیلەوە بازێکیان لەگەڵ بازێکیان بە دڵ رێك‌ناکەون هەتا رۆژی قیامەت • وە بازێ فەرموویانە مەعنای ئەم ئایەتە ئەمەیە کە ئێمە عەداوەتمان خستوەتە ناوبەینی گاورو جوولەکەو ئەم دوو کۆمەڵە عەداوەتیان لە ناوا ئەبێ تا قیامەت • وە ئەم فەرموودە زۆر موافیقی واقیعە ، چونکی جیدالو دوژمنایەتی لە بەینی نەصارای ئەورووپاو جوولەکەی ئەو وڵاتەدا بە ئاشکرا دیارە •

★ (كُلَّما اَوْقَدوا ناراً لِلْحَرْبِ اَطْفَأَها اللهُ) : ★

جا لەم قەومە بێ ئەخلاقە مەترسن بە توولی زەمان هەر کاتێ ئاگرێکیان بۆ حەرب هەڵگیرساندبێ خودای تەعالا کووژاندوویەتیەوە •

★ (ويَسْعَوْنَ في الاَرْضِ فساداً) ★

لەگەڵ ئەوەیشا هەمیشە سەعی ئەکەن بۆ ئەوە کە فەساد بەرپا بکەن لە عەرزا ، وە بە تایبەتی لە عەرزێکدا کە پەیڕەوانی حەزرەتی محەمەد ـ د ـ بێ •

★ (واللهُ لا يُحِبُّ المُفْسِدِينَ) : (٦٤) ★

ئەوەیش بزانن کە خودای تەعالا ئەوانی خۆش ناوێ ، چونکی ئەوان فاسیدنو ئیفسادیش ئەکەنو خودای تەعالا موفسیدی خۆش ناوێ •

★ (ولَوْ اَنَّ اَهْلَ الكِتابِ آمَنوا واتَّقَوْا لكَفَّرْنا عَنْهُمْ سَيِّآتِهِمْ ولاَدْخَلْناهُمْ جنَّاتِ النَّعِيمِ) (٦٥) ★

واتە : ئەگەر ئەهلی کیتاب ئیمانیان بهێنایە بە ئایینی ئیسلامو خۆیان بپارازتایێ لە گوناه ئەوە ئێمە بە کەرەمی خۆمان گوناهە گەورەکانیانمان دائەشاردو داخلی بەهەشتمان ئەکردن کە ماوای رەزامەندی ئێمەی تیایە •

★ (وَلَوْ اَنَّهُمْ اَقامُوا التَّوْرِيةَ والاِنْجِيلَ وما اُنْزِلَ اِلَيْهِمْ مِنْ رَبِّهِمْ) : ★

ئەگەر لە شەرتێکدا ئەم ئەهلی کیتابە ئیمانیان بهێنایە بە حەقیقەتی ئیسلامو ئیحتیرامی تەوراتو ئینجیلیان راست بگرتایەو ئیحتیرامی ئەم قورئانەیان بگرتایە کە وەکو هاتوەتە خوارێ بۆ سەر محەمەدو ـ د ـ پەیڕەوەکانی بۆ ئەوانیش هاتوە •

★ (لاَکَلُوا مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ اَرْجُلِهِمْ) : ★

ئەوەندە خودا جەزای ئەدانەوە کە لە واریداتی ئاسمانو بەرەکاتی عەرزی سوودیان وەرئەگرتو ئەیانخوارد •

★ (مِنْهُمْ اُمَّةٌ مُقْتَصِدَةٌ) : ★

لەم ئەهلی کیتابەیە کۆمەڵێ کە موقتەصیدو میانەکارنو بە عەدالەتو راستی ئەڕۆن بە رێدا •

★ (وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ ساءَ ما يَعْمَلُونَ) : (٦٦)

و زۆریشیان خراپە ئەو کردەوەیە کە ئەوان ئەیکەن ، واتە بەشی زۆریان بەدخوو خراپەکارن •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەو واتە کە دەستی خودا زنجیرکراوە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە واتەی (فەنحاصی کوڕی عازوراء) بوەو وەختی خۆی دەوڵەمەند بوو وە گەلێ هاوماڵی دەوڵەمەندیشی بوو لە جوولەکەکان چونکی بە هەموو نەوعێ دەستیان ئەڕۆیشت لە تیجارەتو ئاڵو وێرا لە

ناو عەرەبەکانا ، پاش ئەوە کە حەزرەت ـ د ـ هاتە مەدینەی مونەوەرەو دینی ئیسلام دەستی کرد بە بڵاوەبوونو وەزعی ژیان گۆڕراو خەڵکی چاویـان کرایەوە مەیدانی ئەو تیجارەتە پێشوە بۆ جوولەکەکان نـەمـاو دارایـیو ماڵیان کەم بووەوە ، جا فەنحاص بە شێوەی عەنادو تەشائوم بە هاتنـی دینی ئیسلامو توورە بوون لە خودای تەعالا ئەو قسە نابارە بێ مەعنایـە بەدەما هاتو لەبەر ئەوە کە کابرا لە ناو جوولەکەکانا ناوو نیشانێکـی هەبوو قسەکە نیسبەت درا لە هەموویان •

وە بازێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە : کە حەزرەت ـ د ـ هاتە مەدینەی مونەووەرەو جارجار داوای یارمەتی لە جوولەکەکان ئەکرد بـۆ ئەوە کە (دیە) خوێنی کوژراوی هەڵە بدرێ هەروا داوای ئەکرد لە خەڵك کە یارمەتی فەقیرو بێ نەواکان بدەنو ئەمەی بە (قرض الحسنە) دائەنـا گوایە ئەمە قەرزدانە بە خودا •• جوولەکەکان ئەمەیان ئەکرد بە هـەل : بۆچی خودا داماوەو بێ ماڵە هەتا یەکێ قەرزی پێ بدا ؟ وە بازێ بە بـێ شەرمی ئەیانوت : نەخەیر دەستی لە زنجیرایە ناتوانێ دەریان بێنێو مـاڵ دەربکا بیدا بە فەقیرو هەژارەکان ! وە بەم جۆرە واتـە بێشـەرمانـە رایانئەبواردو ئیتر بیریان نەدەکردەوە لە مێژووی ئوممەتی خۆیان کـە چەن دەوری فەقیریو داماوییان بەسەرا هاتوەو خودایش هـەر عەینـی خودایەو بیریان نەدەکردەوە کە خودا دنیای لەسەر یاسای ئەسباب داناوە وە هەرکەس مەیدانی هاتوچۆو تیجارەتی نەبێ یاخود منداڵو بێ سـەرو پێ بێ ، یاخود غەریبو بێکەس تا ماوە پێویستی هەیە بە یارمەتی لە لایەنی ئادەمیزادە دامەزراوەکانەوە ئەم قسەیانە بە دەمدا ئەهات ، جا خودای تەعالا بە شیددەت لەعنەتی لێکردنو رەدی قسەکانی کردنەوە •

دووەم : بزانن کە لە قورئانی پیرۆزا گەلێ جار نیسبەتی (ید) دەست دراوە بۆ لای خودا . جا بازێ جار بە تەعبیری (مفرد) وەکو (ید الله فـوق ایدیهم) ، وە بازێ جار بە تەعبیری تەثنیە وەکو (بل یداه مبسوطتان)وە

بازێ جار بە تەعبیری جەمع وەکو (اولم یروا انا خلقنا لهم مما عملت ایدینا انعاما) •• وە (مجسمە) کڕن بە ئاشکرا نیسبەتی (ید)و جیسمیەت ئەدەن لە زاتی باری تەعالا •

وە عالمە بەرزەکان لەم باسەدا دوو بەشن : بەشێکیان ئەڵێن : ئەو یەدە کە نیسبەت دراوە لە زاتی باری نابێ‌و بە عەقڵ مەحاڵە عیبارەت بێ لەو جیسمە مەخصووصەو ئەو تەرکیبە مەعلوومە ، ئێمە ئیمانمان هەیە بەوە کە خاوەن (یەدە) بەڵام زانستی وەزعەکەی حەواڵەی عیلمی خودا ئەکەین • نە ئەڵێین دەستی یە ، نە ئەڵێین وەکو دەستی ئێمەیە • بەڵکو بە ئەدەب (لا تعطیل ولا تشبیه) ئیمانمان بە یەد هەیە ئیتر حەواڵەی خۆیەتی (لیس کمثله شیء)وە ئەمە بیروباوەڕی سەلەفی صاڵحە •

وە بەشی دووەمیان ئەڵێن : قورئان نازڵبووە بۆ ئیرشادی ئادەمیزادو باقی خاوەن تەکلیفەکان وە لە عورف‌و عادەتا زۆر وتار بەکار ئەبرێ هەمووی رێك‌و رەوانن‌و مەعنای زاهیریشیان مەقصوودە وەکو ئەڵێن : فڵانە گەورە دەستی زۆر درێژە ، وە یا لە هەموو مەجلیسێکدا کە باسی بازە شتێك ئەکرێ یا خود چاوی فڵان دوور بینە ••• هەروا بەم شێوە کەلیمەی (یەد) بەکاردێ بۆ مەعنایێ کە موناسب بێ • ئیستە ـ مەثەلا ـ لە قورئاندا دەست بەکار هاتوە بۆ ئەو عوضوە تایبەتیە وەکو (فاقطعوا ایدیهما) ، وە بۆ مەعنای نیعمەت وەکو ئەڵێن : (لفلان عندي ید أشکره علیها) ، وە بۆ مەعنای قوەت‌و هێز وەکو (اولی الایدي والابصار) ، وە بۆ موڵك وەکو ئەڵێیت : (هذا البستان في ید فلان ای في ملکه) ، وە بۆ مەعنای غایەت‌و ئیهتیمام بە شت وەکو ئەڵێیت : فڵان کەس ئەو شتەی گرتوە بە دەست‌و دڵەوە ••• وە ئێمە لە هەر شوێنێکا کەلیمەی (یەد) بەکارهات ئەو مەعنایە لێ ئەگرین کە موناسبی ئەو شوێنە بێ خواە (یەد) موشتەرەك بێ لە بەینی ئەو مەعنایانەدا یا مەجاز بێ وە بە هەر حاڵ قەرینە لەسەر ئەو مەعنایە لە کاتی ئیستیعمالا هەیە ، ئەگەر یەکێ

تەماشای بکا وە لەسەر ئەو ئیعتیبارە ئەڕۆین • وە ئەگەر کەسێ بڵێ : (یەد) هەر مەعنایەکی بێ (تەثنیە) هەڵناگرێ کەوابێ هۆی تەثنیەکردنەوە لە غەیری عوضوی مەخصووصدا نیە •

ئەڵێین : یەکەم موعارەضەی ئەم قسەیە ئەکەین بەوە ئەگەر (یەد) عوضوی تایبەتی بێ هۆی جەمعکردنەوەی نیە دەی بۆ ئەفەرموێت : (وخلقنا لهم مما عملت ایدینا) بە تەعبیری جەمع ؟ وە عەلاوەی ئەمە ئەڵێین : هۆی تەثنیەکردنەوەی یەد تەماشاکردنی قووەتی سەلبو ئیجابە وەکو (ئیعانە) بە هێزە (ئیهانە)یش بە هێزە ، کەوابوو تەثنیەکردنەوەی (یەد) بە مەعنای قووەت ـ مەثەلا ـ مەعقوولو ڕاستە •

هەروەها هەر کەلیمەیێ لەم بابەتە بەکارهاتبێ لە قورئانی پیرۆزا کە ظاهیرەن بۆ خودا دەست نەدا ئەم باسانەی تێدایە ، وە ئێمە کە لە ئەهلی تەئویلین وەها تەئویلیان ئەکەین وە موسوڵمانان ئیرشاد ئەکەین (والحمد لله علی ذلك) •

سێهەم : ئەم چەن ئایەتە پیرۆزە بە ئاشکرا دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە قەومی جوولەکە گەلێ گەلێ مادیو عادی بوون ، وە لە وتاری ناشیرینو کرداری نابار دەسبەردار نەبوون،وە قەومێکی خاوەن ڕەزیلەی لە حەلك زیاتر بوونو عەداوەتو ڕقەبەریو کینەکاری لە ناویانا زۆر بوە ، چ نیسبەت بە موسوڵمانانو چ نیسبەت بە خۆیان بازێکیان لەگەڵ بازێکیانا ، وە یەهوود لەگەڵ نەصارادا • وە هەمیشە مەشغووڵی پەلەپەلکردن بوون لە مەیدانی قسەی ناهەموارو خواردنی حەرامو کردەوەی تاوانباریدا ؛ وە گەلێ موشاغەبەچیو شەڕەنگێزو ئاشووباوی بوون لەگەڵ ڕەهبەراناو لەگەڵ هاوماڵی خۆیانا ، وە لەگەڵ دراوسێیانا ، وە ئەمانە وەکو (سەرەتان) وەها فیتنەیان ڕیشەدارو بەردەوامو ئێشگەیێنە بە ئادەمیزادو بە تایبەتی بە موسوڵمانان • وە لەگەڵ ئەمەدا کە هەمیشە شەڕەنگێز بوون لە دنیادا قەت کاریان تەواو نابێو هیچیان بە هیچ نابێ ، وە

لە ئەنجاما مەقهوورو سەرکز دائەکەون . وە ئەم نفووزو دەسەلاتە ئیستە هەیانە دەسەلاتی خۆیان نیەو بە هۆی بێگانەکانەوەیە کە لەبەر سوودی خۆیان ئەم بەردەیان داناوە لەسەر دڵو سینەی موسولمانانو لەسەر (بیت المقدس) دانیشتوونو بە وێنەی گورگی برسی ئەڕوانن بۆ نیلو فوراتو بۆ مەدینەی مونەووەرە • وە بە قەطعی بزانن بە هێزی ئایەتی (وان عدتم عدنا) کە شەرت هاتەجێ جەزاکەی حازرەو خودای تەعالا لەسەر وەعدەی خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ سەریانو سەریان پێ شۆڕ ئەکاتەوە (انشاء الله) •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الرسول بلغ ما انزل الیك)

موسلیم ریوایەت ئەکا لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ئەفەرموێت : غەزامان کرد لەگەڵ حەزرەتا ـ د ـ غەزایێ لە جانیبی ولاتی نەجدەوە حەزرەتمان پێ گەیشت لە شیوێکدا کە داری (عضا)ی زۆر بوو ، جا حەزرەت دابەزی ئیسراحەتی کرد لە ژێر دارێکداو شمشێرەکەی هەڵاوەست بە لقێ لەو دارەداو خەڵك بڵاوەیان کرد هەر کەسێ بۆ سێبەری دارێ •
جابیر ئەڵێت : پاش ئەوە حەزرەت هات بۆ لامان فەرمووی : پیاوێ هات بۆ سەرمو من لەو کاتەدا نوستبوومو شمشێرەکەمی هەڵگرتو بە سەرمەوە راوەستا ، بە خۆم نەزانی هەتا شمشێرەکەمی بە رووتی گرتو بانگی لێ کردم : کێ رزگات ئەکا لە دەستی من ؟

منیش وتم : (الله) • دووبارە وتی : کێ لە دەستم رزگارت ئەکات ؟!

من وتم : (الله) • فەرمووی : لە پاش ئەمە شمشێرەکەی کردەوە بە کێلانەکەیا کابرایش ئەوەتانێ لە لامان دانیشتوە •

لە ریوایەتێ ترا لە غەیری موسلیمدا ئەڵێ : لە کاتێکا ئەو وتی : کێ رزگارت ئەکا لە دەستی من منیش وتم (الله) ، کابرا شمشێرەکەی لە

دەست داکەوت‌و من هەڵمگرت • ئەمجار من وتم : کێ تۆ نەجات ئـەدا لە دەستی من ؟ ئەویش وتی : عەفوی خۆت . جا حەزرەت عەفوی کرد جـا ڕۆیشتەوە بۆ ناو عەشرەتەکەی خۆی پێی وتن :

من نە لای (خیر الناس)ەوە هاتووم بۆ لاتان • ئەڵێن کابرا موسوڵمان بو لەگەڵ قەومەکەیا •

وە قازی (عیاض) لە کتێبی (شفا)دا ئەڵێت : ئـەو شەخسـە ناوی (غورث) بوو وە حەزرەت عەفوی کرد •

وە موسلیم ریوایەتی کردوە لە عائیشەوە ــ خ ــ فـەرموویەتـی : شەوێ پێغەمەر ــ د ــ نەدەنوست فەرمووی : خۆزگا پیاوێکی صالح لـە ئەصحابەکانم ئیشەو حەراسەتی بکردمایە • ئەونەمانە زانـی تەقـەی چەکمان بیست ! حەزرەت فەرمووی : کێیە ؟ ئەویش وتی : سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص • حەزرەت فەرمووی : بۆچی هاتـی بۆ ئێـرە ؟ وتـی : لە خۆمەوە ترسێ کەوتە دڵمەوە لە خوصووصی حەزرەتەوە وا هاتووم بـۆ ئەوە حەراسەتی بکەم . جا حەزرت ــ د ــ دۆعای بۆ کرد •

وە لە غەیری صەحیحی موسلیمدا ریوایەتی کردوە ئەڵێ : لەو کاتەدا کە ئێمە لەو شەوەدا قسەمان ئەکرد دەنگی چەکم بیست ، جا حەزرەت ــ د ــ فەرمووی : کێیە ؟ وتیان : سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص‌و حوذەیفەی کوڕی یەمان ، هاتووین بۆ ئەوە حەراسەتی تۆ بگرین ، پاش ئەوە حەزرەت ــد ــ نوست بە نەوعێ دەنگی سینەمان ئەبیست • وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو ، جـا حەزرەت سەری لە قوبەکەی خۆی هێنا دەرەوە وە فەرمووی : ئـەی مەخلووق بڕۆنەوە لاچن • بە راستی خودا پارازتوومـی‌و موحتاجـی حەرەس نیم !

جا خودای تەعالا فەرموویەتی :

★ (يا اَيُّها الرَّسولُ بَلِّغْ ما اُنْزِلَ اِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ) : ★ ئەی پێغەمەری خۆشەویست هەرچی نازڵکراوە لە لایەنی منەوە بۆ

تۆو تۆیش ئەبێ تەبلیغی بکەی هەمووی تەبلیغ بکە بەوانە کە موکەللەفن •

★ (وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ) : ★

وە ئەگەر ئەمە نەکەی ئەوە بزانە کە تۆ ریسالەتی خودات نەگەیاندوە بە خەڵك •

★ (وَاللهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ) : ★

وە خودای تەعالا تۆ ئەپارێزێ لە زیانی ئادەمیزاد •

★ (إِنَّ اللهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) : (٦٧) ★

بە راستی خودای تەعالا کۆمەڵی کافران هیدایەت نادا •

وە پێویستە بزانن ئەم ئایەتە نەصە لەوەدا کە هەر حوکسێ لە ئەحکامو ئادابی ئیعتیقادیو عەمەلی کە خودا ناردوونی بۆ پێغەمەر - د - پێغەمەر بە تەواویو رەسایی گەیاندوونیو قەت حوکمێکی لە ئەحکام نەشاردوەتەوە لەم ئومسەتە . وە هیچکەس ئیختیصاصی نەبوە بە حوکمێکەوە بەم مەعنا کە ئەو حوکمە هەر بۆ ئەو بووبێو بۆ کەس نەبووبێ ؛ چونکە لە صیفاتی واجبەی حەزرەتە (صیدق) و (فەطانەت) و (ئەمانەت) واتە راستی لە وتاراو زیرەکیو هۆشیاری لە کردارا وە ئەمینی لە گەیاندنی ئەحکامدا •

فەرموودەی خودا : (قل یا اهل الکتاب)

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو جەریر ریوایەت ئەکەن لە ئیبنو عەبباسەوە - خ - ئەڵێت : رافیعی کوڕی حاریثەو سەلامی کوڕی حورەیملەو مالیکی کوڕی صەیف هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت - د - عەرزیان کرد : ئەوە نیە کە تۆ باوەڕت وایە وای لەسەر دینی ئیبراهیمو باوەڕت هەیە بەو کتێبە لە لای ئێمەیەو شایەتی ئەدەی بەوە کە حەقەو لە لایەنی خوداوە هاتوە ؟ فەرمووی : بەڵێ باوەڕم وایە • وتیان : ئەی بۆچی ئێمە باش نین لە لای ئێوە ؟ فەرمووی : لە بەر ئەوە بازێ ئایاتی تەوراتتان شاردەوە لە

خەڵكو ئینكاری ئەكەن ، ئەوەتانێ كە نیشانەی راستیو حەقانیەتی دینی ئیسلامی تیایەو ئێوە باوەڕی پێ ناكەن •

جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو خودا فەرمووی :

★ (قُلْ : يا اَهْلَ الكِتابِ لَسْتُمْ على شَيْءٍ حتّى تُقِيموا التَّورِيةَ والاِنْجِيلَ ومَا اُنْزِلَ اَلِيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ) : ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو یەهوودانەو بەو نەصرانیانە : ئێوە لەسەر هیچ دینێكی حەق نین هەتا بە ساغی تەوراتو ئینجیل راست نەكەنەوەو دەریان نەبڕنو ئیعلانی ئەوە نەكەن كە وا لە تەوراتو ئینجیلدا لە خوصووصی دینی ئیسلامەوە • ئەوەیە لە تەوراتا ئەڵێت : نــووری كەرەمی خودا لە كێوەكانی (فاران)دا دەرئەكەوێو دنیا رووناك ئەكاتەوە ؟ وە مەبەس كێوی حیجازە ، وە باسی نیشانەی رەفیقەكانی حەزرەتی محەمەد ـ د ـ لە سیفری (شعیا)دا كراوە وە ئێوە ئەمانە ئەشارنەوە ! وە لە ئینجیلدا عیسا ـ د ـ موژدەی داوە بە هاتنی حەزرەتی محەد ـ د ـ وە ئێوە موبالات ناكەنو ونیان ئەكەن •

★ ولَيَزِيدَنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ مَا اُنْزِلَ اِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ طُغياناً وكُفْراً) : ★

وە بە راستی ئەو ئایاتە كە رەوانە ئەكرێن بۆ سەر تۆ لە لایەنــی خودای تەعالاوە هەر طوغیانو كوفرو زیادەڕەوی لە گومڕاهیدا زیاد ئەكا بۆ زورمەی ئەو یەهوودو نەصارایە •

★ (فَلا تَأْسَ عَلَى القَوْمِ الْكافِرِينَ) (٦٨) ★

ئیتر غەم مەخۆ لەسەر لادانی ئەو كۆمەڵە كافرە بەدبەختانە •

★ (اِنَّ الّذِينَ آمَنوا والّذِينَ هادُوا والصّابِئونَ والنَّصارى ـ مَنْ آمَنَ بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً ـ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمِ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ) : (٦٩) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە هاتوون ئیمانیان هێناوە بە تۆ ئەوانە رزگار بوون لە شەقاوەتو چوونەتە ناو کۆمەڵی خاوەن سەعادەتو بەختیارانەوەو لە قیامەتا ترسیان لە مانەوەی ئاگری دۆزەخ نیەو دڵگرانیو زویریشیان نیە بۆ شتێ لە دەستیان دەرچووبێ ؛ وە ئەو کەسانەیش کە مەنسووبی یەهوودینو ئەو کەسانەیشی کە بە صائیبە مەشهوورنو ئەوانەیش بە نەصارا ناسراون هەرکەس لەمانە ئیمانی بە خودای تاقو تەنیا بێو بە وێنەی جوولەکەکان عوزەیر بە کوڕی خودا حسێب نەکەنو بە وێنەی صابیئە پێشوەکان نیسبەتی تەئثیر لە ئەستێرە نەدەنو ؛ بە وێنەی گاورەکان عیساو مەریەم بە خودا دانەنێن . وە ئیمانو باوەڕیان بێ بە رۆژی ئاخیرەت بە رووی راستی نەك وێنەی جوولەکەکان کە ئەلێن : بەهەشت هەر بۆ جوولەکە ئەبێ ! وە نەك وێنەی صابیئەو نەصارا کە ئەلێن : بەهەشت هەر بۆ ئەوان ئەبێ ! وە کردەوەی باش بێ ؛ وە ئەو رەفتارانە کە دینی ئیسلام بەخراپی ئەزانێ تەرکی بکەنو ئەو رەفتارانە کە بە باشی ئەزانێ بیکەن • یانی بێن داخڵی یاسای دینی ئیسلام ببن ئەوە ئەوانیش وەکو باقی موسوڵمانەکان نە ترسیان هەیە لە مانەوەی ئەبەدی لە دۆزەخاو نە زویر ئەبن لەوەی کە لە دەستیان دەرچوە ، چونکە دنیای رابوردوو لە لای پایەی بەرزی قیامەتا لەوانە نیە غەمی بۆ بخورێ •

★ (لَقَدْ اَخَذْنا مِيثاقَ بَني اِسْرائِيلَ) : ★

بە راستی عەهدو پەیمانمان لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت لەسەر دەوامی پیرو باوەڕی راستو پەیڕەوی پێغەمەرەکان •

★ (واَرْسَلْنَا اِلَيْهِمْ رُسُلاً) : ★

وە چەند رەهبەریشمان رەوانە کرد بۆ لایان بۆ ئەوە کە ئیرشادیان بکەن بۆ دینو پێویستی دین ، کەچی ئەو بەدبەختانە پەیمانەکەیان شکاندو عەهدیان فەرامۆش کرد •

★ (كُلَّما جاءَهُمْ رسولٌ بِما لا تَهْوى اَنْفُسُهُمْ فَرِيقاً كَذَّبُوا وفَرِيقاً يَقْتُلُونَ) : (٧٠) ★

کەچی هەر کاتێ پێغەمەرێ ئەهات بۆ لایان لەگەڵ ئادایێکی وەها کە نەفسیان پێی خۆش نەبوایە ئەو چارەڕەشانە تاقمێکیان لە پێغەمەرەکان بەدرۆ ئەخستەوەو باوەڕیان پی نەدەکردنو تاقمێکیشیان ئەکوشتن •

★ (وحَسِبُوا اَلاَّ تَكونَ فِتْنَةٌ) : ★

وە گومانیان وابو کە لە جەزای ئەو بێباوەڕی بە رەهبەرانەو کوشتنی ئەو پێغەمەرانە لە لایەنی خوداوە هیچ جەزاو جەفاو دەردو بەڵایێ نابێ بۆیان •

★ (فَعَمُوا وصَمُّوا) : ★

جا کوێر بوون لە تەماشاکردنی کارەساتی جیهانو رووداوی عیبرەتی زەمانو کەڕ بوون لە بیستنی ئامۆژگاری رەهبەرەکان •

★ (ثُمَّ تابَ اللهُ عَلَيْهِمْ) : ★

لە پاشان تەوبەیان کرد لەو گوناحە کە کردوویانەو خودایش تەوبەی لێ قەبووڵ کردن •

★ (ثُمَّ عَمُوا وصَمُّوا كَثِيرٌ مِنْهُمْ) : ★

لە پاشان هەم وەکو جاری پێشوو زۆریان کوێرو کەڕ بوونەوە لە تەماشاکردنی هۆی عیبرەتگرتنو لە بیستنی ئامۆژگاری هەروا ئەم سەرکێشیە لە ناویانا کۆنەو نوێ کەوتەوە هەتا ئەم چەرخەیش کە حاڵو کردەوەیان وا لە پێش چاوتا •

★ (واللهُ بَصِيرٌ بِما يَعْمَلُونَ) : (٧١) ★

وە خودای تەعالا بینایەو چاوی وا لەو کردەوانەوە کە ئەوان ئەیکەن • ئەمە کە باسمان کرد بۆت وەزعی جوولەکەکان بوو وە وەزعی گاورەکانیش ئەمەیە کە باسی ئەکەین •

★ (لَقَدْ كَفَرَ الَّذينَ قَالُوا اِنَّ اللهَ هُوَ المَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ) : ★

بە راستی کافر بوون بە خوداو لە ریزی کافرانا نووسران ئەو کەسانە کە وتیان بە راستی زاتی خودا هەر عەینی عیسای کوڕی مەریەمەو خوداو عیسا بوون بە یەك زات وەکو تاقمی (یعقوبیه) لە گاورەکان کە بیروباوەڕیان لەسەر (اتحاد)ەو ئەڵێن زاتی خوداو عیسا یەك زاتن •

★ (وقَالَ المَسِيحُ : يا بَني اِسرَائيلَ اعْبُدوا اللهَ رَبِّي و رَبَّكُمْ) : ★

لەگەڵ ئەوەیشدا عیسای کوڕی مەریەم ئامۆژگاری باشی کردنو کەلیمەی حەقی نیشاندانو فەرمووی : ئەی بەنی ئیسرائیل عیبادەت بکەن بۆ زاتی خودا کە پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەیەو هاوڕێو شەریك بۆ خودا قەرار مەدەن •

★ (اِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ ومَأويهُ النَّارُ) : ★

وە تەهدیدی کردنو فەرمووی : بە راستی هەرکەسێ شەریكو هاوڕێ بۆ خودا قەرار بدا ئەوە بە راستی خودا بەهەشتی حەرام کردوە لە سەریو مومکین نیە بڕواتە ناویەوەو جێگەو ماوای ئەو کەسە ئاگری دۆزەخە •

★ (ومَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ اَنْصَارٍ) : (٧٢) ★

وە بۆ ئەوانە کە لە ستەمکارانن یارمەتیدەر نیە لە کاتی هاتنی سزای خودادا • •

★ (لَقَدْ كَفَرَ الّذينَ قَالُوا اِنَّ اللهَ ثَالِثُ ثَلثَةٍ) : ★

جا هەر وەکو ئەو گاورانە کە وتیان خودا بوە بە عیساو ئەو دوو زاتە بوون بە یەکێ ، هەروا کافر بوە ئەو کەسەیش کە وتی عیسا خودایەکەو

مەریەمیش خودایەکە ، وە خودایش سێهەمی ئەو سێ کەسەیە ، واتە خودا بوە بە سێ عونصورو سێ ئەصڵ ؛ یەکێکیان عیسایەو ، یەکێکیان مەریەمەو ، یەکێکیان خودایە ، وە ئەم بیرو باوەڕە شەڕەیش بیروباوەڕی دوو تاقمی ترە کە (ملکانیە)و (نسطوریە)ن لە گاورەکان •

★ (وما مِنْ اِلهٍ اِلاّ اِلهٌ واحِدٌ) ★

وە نیە لە عالەمی وجوودا تاقە خوایە نەبێ کە هەر ئەو (واجب الوجود)ە بوونی بە حەق پێویستە ، هەیەو قەدیمەو باقیەو پێویستی بە کەس نیەو وێنەی نیەو زیندوو زاناو تەواناو خاوەن خواستەو بیسەرو بیناو گۆیایە ، وە هەر بۆ ئەوە عیبادەتو بەندەگیو هەر ئەوە کە پەروەردگاری هەرچی هەیە لە عالەما •

وە ئەو گاورانە کە ئەم بیروباوەڕە ناڕەوایانە دەرئەبڕن بە هەڵەدا چوون ؛ چونکی زاتی خودا مادەی نیە هەتا بازێکی لێ جیابێتەوەو ببێ بە کەسێکی تر ، وە زاتی خودا هەمیشە بوەو ئەمێنێ هەتا هەتایە ، بەڵام ئەم عالەمی ئادەمیزادە هەمووی بەرباد ئەبێو شتی دەوامدار لەگەڵ یێ دەوأما نابن بە یەك ، وە زاتی خودا موحتاج نیە بە هیچ کەسو بە هیچ شتێ بەڵام ئەم ئادەمیزادە بە گەلێ شت موحتاجەو کەسێ کە بێ‌نیاز بێ لەگەڵ کەسێك کە نیازمەند بێ نابن بە یەك • وە ئەگەر لە بەر موعجیزانەکەی بەهەڵەدا چوون ئەبێ بزانن موعجیزات لە تەئثیراتی خودایەو بۆ هەر کەسێ لە پێغەمەران نەوعە موعجیزەیەکی خەلق کردوە ؛ وە ئەو موعجیزاتە لە خۆیانەوە نینو لە فەیضی زاتی خوداوەنو جیلوەی کەرەمی خوداو رژاندنی رەحمەت عامە بۆ هەموو خۆشەویستانی خودا لە ئەنبیاو ئەولیا •

★ (واِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولونَ) : ★

ئەگەر ئەو گاورانە دەسبەردار نەبن لەو قسانە کە ئەیڵێن •

★ (لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذابٌ أَلِيمٌ) : (٧٣) ★

بە راستی ئەدا لەو کەسانە کە کوفری خودا ئەکەن‌و بیروباوەڕی نابار دەرئەبڕن لە ناو ئەوانا عەزابێکی ناهەموار •

★ (افَلا يَتُوبُونَ الِىَ اللهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ ؟ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٧٤) ★

ئایا پاش ئەم هەموو کارەساتە بەدبەختیە ناگەڕێنەوە بۆ لای خوداو داوای عەفوو چاوپۆشی لێ بکەن ؟ وە خودای تەعالا غەفوورو چاوپۆش‌و میهرەبانە لەگەڵ ئینسانا •

★ (ما المَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ الِاّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَامُّهُ صِدِّيقَةٌ) : ★

عیسای مەشهوور بە مەسیح کوڕی مەریەمی عەزراء هیچ نیە ئیللا پێغەمەرێکی وەهایە کە لە عالەمەوە دیارە . مەعنای پێغەمەر چیەو بە راستی لە پێش ئەوا چەن پێغەمەر رابوردوون کە نەسەب‌و حەسەبیان دیارە ، وە دایکی حەزرەتی عیسا کە مەریەمی عەزرایە یەکێکە لەو ژنە عابیدە راستانە کە باوەڕیان هەبوە بە پێغەمەران‌و بە عالەمی غەیب •

★ (كانَا يَأْكُلانِ الطَّعامَ) : ★

حانی عیساو دایکی وابوە کە بە یاسای عادەتی ژیاون‌و خواردەمەنیان ئەخوارد •

★ (انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الآياتِ) : ★

جا تەفەککور بکە ئەی خۆشەویست بە چ شێوەیێ ئایات‌و نیشانەی بەندەیی عیساو مەریەم بەیان ئەکەم بۆیان‌و تێیان ئەگەیەنم ئەم کوڕو دایکە پێویستیان بوو بە خواردەمەنی‌و بە بێ خواردەمەنی نەئەژیان‌و هەرکەسێ

موحتاجی خواردەمەنی بێ بۆ خودایی ناشێ ، هەروا کە موحتاجن بـــە خواردەمەنیو موحتاجن بە قەضای حاجەتو موحتاج بە خۆشۆرین ..

★ (ثُمَّ انْظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ ؟) (٧٥) ★

پاش ئەوە بڕوانە چلۆن ئەمانە دوور ئەخرێنەوە لە بیستنی قســەی ڕاست ؟

★ (قُلْ : أَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ ما لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً ولاَ نَفْعاً ؟) ★ :

تۆ ـ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ـ بڵێ بەو نەصرانیانە : ئایا ئێوە شعوورتان ئەوە قەبووڵ ئەکا کە عیبادەت بکەن بۆ غەیری خودای تەعالا بۆ ئەوانەی نە مالیکی زیانن‌و نە خاوەنی سوودن بۆ ئێوە ؟ واتــە ئــەو کەسانە کە ئێوە ئەیانپەرستن لەسەر ئەساسی یەکیەتی لەگەڵ خودادا ، وە یا لەسەر ئەساسی جیاوازی لە خودا کەسێکن خۆیان لــە نەبــوونــەوە دروستکراون‌و پێویستیان هەیە بەوەی کە ئادەمی موحتاجە پێــیو لــە واقیعدا (متصرف)و مالیك نین لە جیهانا بۆ سوودو زیان بۆ هیچ کەســێ وە شتی وا هەرگیز شیاوی ئەوە نیە پەرستیاری بکرێ .

★ (واللهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) : (٧٦) ★

وە خودای تەعالا هەر ئەو بیسەرە بۆ هەموو دەنگێو زانایە بە هەموو شتێ بە هەموو ڕەنگێو ئاگای لە نیازی ئێوە هەیەو جەزاتان ئەداتــەوە بەوەی لایەق بێ .

★ (قُلْ : يا أَهْلَ الْكِتَابِ لا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ) ★

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ بەو گاورانە : ئەی خــاوەن کیتابــەکان زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتانا بە ناحەق هەتا ببێ بە ئیفراطو دامەپەڕن بۆ

لای خوارەوەیشی تا ببیّ بە تەفریط ، وە مەڵێن بە حەزرەتی عیسا خودایە یاخود تێکەڵە لەگەڵ خودادا • (تعالی الله عن ذلك !) وە تەنزیلی پایەیشی مەکەن‌و بە کەمتر لە پایەی رەهبەری راست تەماشای مەکەن •

★ (ولا تَتَّبِعُوا اَهْـواءَ قَوْمٍ قَـدْ ضَلُّوا مِـنْ قَبْـلُ واَضَلُّوا كَثِيراً) : ★

وە مەکەونە شوێن ئەهواو ئارەزووی قەومێکی پێشووی وا کە گومڕا بوون لەمەوپێش‌و خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کرد •

★ ((وضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ) : (٧٧) ★

وە ئیستە لە زەمانی دەرکەوتنی ئیسلامیشا لەگەڵ ئەم نوورە بەرزەدا رێگەی راستیان ونکردوەو ئیمانیان نەهێنا پێت •

★ (لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي اِسرائِيلَ على لِسَـانِ داوُدَ وعِيسى ابْنِ مَرْيَمَ) : ★

واتە : لەعنەت کراوە لەوانەی کە کافر بوون لە بەنی ئیسرائیلەکان جا ئەوانەیان کە بێئەمری خودایان کرد لە مەسئەلەی حورمەتی رۆژی شەمەدا کران بە مەیموون‌و ئەوانەیشیان کە بێئەمرییان کردو کوفریان دەربڕی لە کاتی نوزوولی مائیدەکەی حەزرەتی عیسادا گۆڕران بە بەراز •

★ (ذلِكَ بِما عَصَوْا) : ★

ئەمەیان لەبەر ئەوە بەسەرا هات کە عیصیانیان کرد •

★ (وكانُوا يَعْتَدُونَ) : (٧٨) ★

وە حاڵیشیان وابوو تەجاوزیان ئەکرد بەسەر شەرعی خودادا •

★ (كانُوا لا يَتَناهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ) : ★

حاڵیان وەها بوو کە لە ناوی خۆیانا بازێکیان نەهیو مەنعی بازێکیان نەدەکرد لەو گوناهانە کە ئەکرانو موجامەلەیان ئەکرد لەگەڵ خاوەن تاوانەکانا •

★ (لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ) : (٧٩) ★

وەڵڵاهی زۆر خراپ بوو ئەوەی کە ئەوان ئەیانکرد •

بزانن! لەم‌ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ کە هەر قەومێ لە کاتی دەرکەوتنی کردەوەی نابارو بیروباوەڕی ناهەموارا بازێکیان تێدا نەبوو کە مەنعی ئەو خراپانە بکا ئەوە هەموویان گیرۆدە ئەبن ؛ خاوەن تاوانەکان لەبەر تاوان وە بێ تاوانەکان لەبەر تاوانی بێ دەنگ بوون لە مەنعی ئەو خراپانە •

★ (تَرَى كَثِيراً مِنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا) ★

تەماشا ئەکەی ئەبینی گەلێ کەس لە ئەهلی کیتاب دۆستی ئەکەن لەگەڵ کافرە موشریکەکاناو ئەیانکەن بە برادەر •

★ (لَبِئْسَ ما قَدَّمَتْ لَهُمْ اَنْفُسُهُمْ اَنْ سَخِطَ اللهُ عَلَيْهِمْ) : ★

زۆر شتێکی خراپە ئەوەی کە نەفسی ئەوان پێشی خست بۆ خۆیان کە ئەوەیش عیبارەتە لەوە کە خودا عاجز بوو لێیانو غەزەبی لێ گرتن •

★ (وفي الْعَذابِ هُمْ خَالِدونَ) : (٨٠) ★

وە لە قیامەتیشا ئەمێننەوە لە عەزابا هەتا هەتایە •

★ (ولو كانوا يؤمنون بالله والنبي وما انزل اليه ما اتخذوهم اولياء) : ★

ئەگەر ئەم ئەهلی کیتابە ئیمانیان بهێنایە بە خودای تەعالاو بە پێغەمەری خودا کە حەزرەتی محەمەدەو بەو کتێبە کە رەوانە کراوە بۆی

ئەو کافرانەیان نەئەکرد بە دۆستی خۆیانو بە چاوی دۆستی تەماشایان نەدەکردن •

★ (وَلَـٰكِنَّ كَثِيراً مِنْهُمْ فَاسِقُونَ) : (٨١) ★

بەلاَم زۆر کەس لەو ئەهلی کیتابە لە حەق دەرچوونو موبالات بە دین ناکەن •

فەرموودەی خودا : (لتجدن اشد الناس ••)

ریوایەت کراوە کە جەعفەری کوڕی ئەبوطالیبو رەفیقەکانی لە حەبەشەوە هاتنەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە لەگەڵ حەفت پیاو کە هەموو بەرگی خورییان لەبەردا بوو شەصتو دوو کەسیان لە حەبەشە بوونو هەشتیان لە ئەهلی شام بوون ئەمانە : بوحەیرای راهیبو . ئیدریسو ، ئەشرەفو . ئەبرەهەو ، ثەمامەو . قەثمو . دورەیدو . ئەیمەن • جا حەزرەت ـ د ـ سوورەتی یاسینی خوێندەوە بەسەریانا هەتا ئاخر ، ئەوانیش کە قورئانەکەیان بیست گریانو وتیان : ماشەئلا ئەم قورئانە زۆر لەو کیتابە ئەچێ کە نازڵ بو بۆ سەر عیسا ـ د ـ جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە :

★ (لَتَجِدَنَّ اَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ اَشْرَكُوا) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەزانی کە بەهێزترینی ئادەمیزاد لە دوزمنایەتی موسوڵمانانا جوولەکەکانو کافرە موشریکەکانن •

★ (وَلَتَجِدَنَّ اَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا اِنَّا نَصَارَى) : ★

وە ئەزانی کە نزیکتریان لە جیهەتی دۆستیو مەحەبەتی موسوڵمانانەوە ئەو کەسانەن کە ئەڵێن ئێمە نەصاراین •

★ (ذلِكَ بِاَنَّ مِنْهُمْ قِسّيسِينَ ورُهْباناً واَنَّهُمْ لا يَسْتَكْبِرونَ) : (٨٢) ★

ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە لە ناو ئەو نەصارادا قەشەو روهبان هەیە کە ئەمانە خاوەن زانستو خاوەن ریاضەتو خاوەن تەمەنو تەربیەی باشنو ئەمانە بە راستی مەعنای عیبادەتو عوبوودییەت ئەزانن‌و بەم هۆوە فیزو دەمار ناکەن بەسەر هەژارانا •

★ (واِذا سَمِعوا ما اُنْزِلَ اِلى الرَّسولِ تَرى اَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ) : ★

وە کاتێ ئەو قورئانە ئەبیسن کە نازڵکراوە بۆ لای پێغەمەر وا هوژم دێنێتە سەر دڵیان ئەکوڵێ بە گەرمای نووری قورئانی پیرۆزو ئەبینی کە چاوەکانیان ئاورێژان ئەکا لە فرمێسك ئەمەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە زانیویانەو حاڵی بوون لە ئایەتەکان لەو حەقو حەقیقەتە کە پێغەمەرەکانیان هێناویانە لە لای بارەگای خوداوە •

★ (يَقُولونَ : رَبَّنا آمَنّا فاكْتُبْنا مَعَ الشّاهِدِينَ) : (٨٣) ★

ئەڵێن : پەروەردگارا ئیمانمان هێنا بە تۆو بە رەهبەرانی تۆ دەی بمان‌نووسە لە دەفتەری ئەو کەسانە کە شەهادەتیان داوە بە حەق •

★ (ومَا لَنَا لا نُؤْمِنُ بِاللهِ ومَا جاءَنا مِنَ الْحَقِّ ؟) ★

چیمان دەست‌ئەکەوێ ئەگەر ئێمە ئیمان‌نەهێنین بە خوداو بەوەی کە پێمانگەیشتوە لە تەنهایی خوداو دووری ئەو لە تێکەڵی ئادەمیزاد ؟

★ (ونَطْمَعُ اَنْ يُدْخِلَنا رَبُّنا مَعَ الْقَوْمِ الصّالِحِينَ) : (٨٤) ★

وە ئێمە گەلێ هیواداری‌نو ئومێدمان هەیە کە خودا داخڵمان بکا بە رەزای خۆی لەگەڵ ئەو قەومەدا کە بۆ خودا ملیان راکێشاوە •

★ (فَأَثَابَهُمُ اللهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ) : (٨٥) ★

خودای تەعالایش ثەوابی پێدانو بارەمەندی کردن بە هۆی ئەو قسە جوانانە کە کردیانو بەو پاڕانەوە کە تەقدیسیان کرد ..
بە چەن بەهەشتێ کە لە ژێری دارەکانیانەوە جۆبار رەوان ئەبێو ئەمانەیش کە ئەڕۆنە ناوی بڕیاری ئەوەیان داوە لەو بەهەشتانەدا بمێننەوە هەتا هەتایە وە ئەم نەوعە جەزای خاوەن ئیحسانەکانو بیروباوەڕ چاکەکانو کردەوە باشەکانە .

★ (وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ) : (٨٦)

وە ئەو کەسانەیش کافربوونو بێباوەڕییان دەربڕیوە بەرابەر بە دینی ئیسلام ئەوانەیش هەمیشە وان لە دۆزەخاو هاوڕێی ئاگری دۆزەخن .

فەرموودەی خودا : (يا ايها الذين آمنوا لا تحرموا طيبات ... الآية)

موفەسسیرەکان ئەڵێن : رۆژێ حەزرەت ـ د ـ وەعزی کرد بۆ ئەصحابەکانو باسی قیامەتی بۆ کردنو خەڵکەکەیش دڵیان نەرم بوو گریان ، جا دە کەس لە ئەصحابەکان لە ماڵی عوثمانی کوڕی مەظعووندا گردەوە بوون کە ئەمانە بوون : ئەبوبەکری صدیق ؛ عەلی کوڕی ئەبو طالیب ، عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ، عەبدوڵلای کوڕی عومەر ، ئەبو زەڕی غەفاری . سالمی ئازادکراوی ئەبو حوزەیفە ؛ میقدادی کوڕی ئەسوەد ، سەلمانی فارسی ؛ مەعقەلی کوڕی موضەر . بڕیاریان دا کە : لە رۆژدا بەڕۆژوو بنو لە شەودا شەونوێژ بکەنو لەسەر فەرش نەنوونو گۆشتو چەوری نەخۆنو دەس بکەن بە عیبادەت لەسەر کەژو کێوداو بە وێنەی راهیبەکان مەشغووڵی عیبادەت بن ؛ جا ئەم قسە گەیشت بە پێغەمەر ـ د ـ

ئەویش ئەمانەی گردکردەوەو فەرمووی : خەبەردار بووم کە ئێوە فکرێکی واتان کردوە ؟ ئەوانیش وتیان : بەڵێ یا رەسوولەڵلا ، بەلام ئێمە قەصدمان هەر لەسەر خێر بوە • جا حەزرەت فەرمووی : من ئەمرم پێ نەکراوە بەم شێوە ، بە راستی هەیە بۆ نەفس حەقێ لەسەر ئێوە ؛ بەرۆژوو بن‌و رۆژوو بشکێنن‌و ، نوێژ بکەن‌و بنوون ••• من وا ئەبێ نوێژ ئەکەم‌و ئەنووم‌و بەرۆژوو ئەبم‌و بەرۆژوو نابم‌و گۆشت‌و چەوری ئەخۆم ••• وە هەرکەسێ لابدا لە یاسای سوننەت‌و رەفتاری من ئەوە لە من نیە !

جا تەشریفی رۆییشت بۆ ناو قەرەباڵغێ‌و خوطبەی بۆ خوێندن‌و فەرمووی : بۆچی بازێ کەس ژنیان حەرام کردوە لە خۆیان‌و خواردەمەنی باش ناخۆن‌و بێن‌خۆشی نادەن لە خۆیان‌و نانوون‌و ئارەزووی حەلاڵیان حەرام کردوە لەسەر خۆیان ! ئەی مەخلووق ئاگادار بن ! من فەرمانم نەداوە بە ئێوە کە بین بە قەشەو راهیب • بزانن لە دینی مندا گۆشت نەخواردن‌و نەچوونە لای ژن‌و مانەوە لە گۆشەی عیبادەتخانەدا نیە • بزانن دنیاگەردی بۆ ئومەتی من هەر رۆژوو گرتنەو ، راهیبێتی جیهادە • ئەی موسوڵمانان عیبادەتی خودا بکەن‌و شەریکی بۆ قەرار مەدەن‌و حەج بکەن‌و عومرە بکەن‌و نوێژەکانتان بکەن‌و رۆژوەکانتان بگرن‌و زەکاتی ماڵتان بدەن • بزانن ئەو ئومەتی سابیقە بە هۆی ئەوەوە هەلاکەتی بەسەردا هات کە زەحمەتی زۆریان دامەزران لەسەر خۆیان خودایش ئازاری دان ، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە ، جا عەرزیان کرد : ئەی چی بکەین لەو سوێندانە کە خواردوومانە لەسەر تەرکی ئارەزووی نەفس ؟ جا ئایەتی (لا یؤاخذکم الله باللغو)هاتە خوارەوە •

★ (یا أَیُّها الَّذینَ آمَنُوا لا تُحَرِّموا طَیِّباتِ مَا احَلَّ اللهُ لَکُمْ) : ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دین لەسەر خۆتان حەرام مەکەن ئەو شتە دڵگیرە جوانانە کە خودا بۆی حەلاڵ کردوون لە : خواردەمەنی‌و ،

پۆشاك‌و ، لە نوستن‌و ئاسایش‌و ، گەڕان‌و ، ژیان لەگەڵ ژنەکانتانا بە یاسای شەرعی خودا •

★ (ولا تَعْتَدُوا) : ★

بەڵام لامەدەن لە ئەندازە لەم حەڵاڵانە هەتا بکەونە ناو حەرام ، مەثەلا ئەوەندە بخۆن نەخۆش بکەون . یا ئەوەندە رابوێرن تووشی عیللـــەت‌و دەردی خراپ ببن •

★ (اِنَّ اللهَ لا یُحِبُّ المُعْتَدِینَ) : (٨٧) ★

خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە لە سنوور تەجــاوزیان کردوە •

★ (وکُلُوا مِمَّا رَزَقَکُمُ اللهُ حَلالاً طَیِّباً) : ★

وە بخۆن لەوەی کە خودا کردوویەتی بە رزقی ئێوە خواردەمەنـــی حەڵاڵی خۆش •

★ (واتَّقُوا اللهَ الّذي اَنْتُمْ بِهِ مُؤْمِنونَ) : (٨٨) ★

وە خۆتان بپارێزن لە عیقابی ئەو خودایە کە ئێوە ئیمانتان هەیە پێی •

★ (لا یُؤاخِذُکُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ في اَیْمَانِکُمْ) : ★

لەناو سوێندەکانیشتانا خودا عیقابتان ناکا بەوەی کە بە بێ مەبەست بەدەمتانا هاتوە •

★ (ولکِنْ یُؤَاخِذُکُمْ بِما عَقَّدْتُمُ الاَیْمانَ) : ★

بەڵام موئاخەزەتان ئەکا بەوەی بــە دڵ داتانـــەزرانـــدوە لـــە سوێندەکانتان •

★ (فَکَفّارَتُهُ اِطْعامُ عَشَرَةِ مَسَاکِینَ مِنْ اَوْسَـــطِ مـا تُطْعِمُونَ اَهْلِیکُـــمْ اَوْ کِسْـــوَتُهُمْ اَوْ تَحْـــرِیرُ رَقَبَةٍ) : ★

واتە : کەفارەتی ئەو سوێندە دامەزراوە کاتێ کە شکاندتان ئـــەوەیە خواردەمەنی دە میسکین بدەن لە میانەی ئەو خواردەمەنیە کە ئەیـــدەن بە ژنو منداڵی خۆتان ، یا بەرگو پۆشاکی دە میسکین بدەن لە میانـــەی ئەو بەرگو پۆشاکە کە ئەیکەن بۆ ژنو منداڵی خۆتان وە یاخود عەبدێ ئازاد بکەن •

★ (فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيامُ ثَلٰثَةِ اَيّامٍ) : ★

جا ئەگەر یەکێ لەو سوێندکەوتوانە ئەوانەی دەس‌نەکـەوت ئـــەوە پێویستە رۆژووی سێ رۆژ بگرێ بە نیەتی کەفارەتی سوێندی کەوتوو •

★ (ذٰلِكَ كَفّارَةُ اَيْمانِكُمْ اِذا حَلَفْتُمْ) : ★

ئەوەی بەیانمان کرد کەفاردتی سوێندی کەوتووی ئێوەیە لە پاشـــ سوێندخواردن •

★ (واحْفَظُوا اَيْمانَكُمْ) : ★

وە سوێندی خۆتان موحافەظە بکەن ، یانی سوێند مەخۆن بـــۆ هەموو شتێکی بە قیمەتو بێ قیمەت • یاخود کە سوێندتان خوارد لەسەر شتێ سوێندەکەتان مەشکێنن مەگەر بۆ ناچارییەك •

★ (كَذٰلِـــكَ يُبَيِّـــنُ اللهُ لَكُـــمْ آياتِـــهِ لَعَلَّكُـــمْ تَشْكُرُونَ) : (٨٩) ★

ئاوا خودای تەعالا بەیان ئەکا بۆ ئێوە ئایاتی ئەحکامی شەرعو دینی خۆی ، رجایە ئێوە سوپاسی نیعمەتی خوێندنـەوەی ئایاتو فێربوونـــی ئایاتو رەفتارکردن بە ئایات بکەن •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا انما الخمر والمیسر .. الآیة)

ریوایەت‌کراوە لە ئەبو مەیسەرەوە لە عومەری کوڕی خەطابەوە ـخـ کە پاڕایەوە لە خوداو فەرمووی : (اللهم بین لنا في الخمـــر بیانا شافیـــا) جا ئەو ئایەتەی سوورەتی بەقەرە نازڵ بوو کە ئەفەرموێت : (یسألونـــك

عن الخمر والميسر) لەویا بانگکرا لە عومەرو ئەو ئایەتەی بەسەرا خوێنرایەوە . ئەمجارەیش عومەر وتی : (اللهم بين لنا بيانا شافيا في الخمر والميسر) جا هاتەخوارەوە (يا ايها الذين آمنوا لا تقربوا الصلوة وانتم سكارى) ئەمجارەیش فەرمووی : (اللهم بين لنا بيانا شافيا في الخمر والميسر) جا ئەم ئایەتی (يا ايها الذين آمنوا ...) وە هاتە خوارەوە •

وە ریوایەتکراوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە ـ خ ـ ئەڵێ : هاتم بەسەر تاقمێ لە موهاجیریندا دانیشتبوون وتیان : وەرە با خواردەمەنیو شەرابت بدەینێ ، وە ئەمە لەپێش حەرامکردنی خەمرا بو ، ئەڵێ : منیش رۆیشتم بۆ ناویان تەماشام کرد گۆشتی برژاو حازرەو خواردمو لە پاش ئەوە شەرابیشم خواردەوە وەکو ئەو رەفیقانە ، وە لە پاش ئەمە باسی موهاجیرینو ئەنصارم کردو وتم : موهاجیرین باشترن لە ئەنصارو یەکێ لە ئەنصارەکان شەویلەی حەیوانە سەربڕراوەکەی دا بە لووتما برینداری کردو من هاتم لە لای حەزرەت شکاتم کرد جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

★ (يا اَيُّها الَّذينَ آمَنوا اِنَّما الْخَمْرُ والمَيْسِرُ والاَنْصابُ والاَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطانِ فَاجْتَنِبوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحونَ) (٩٠) ★

واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام بزانن خواردنەوەی خەمر ـ مەشرووباتێ کە ئینسان سەرخۆش بکا ـ وە یاری کردن بە (مەیسیر) قومار بە هەر شێوەیەك بێ پاش ئەوە کە ماڵی خەڵكخواردن بو بە یاریکردن بە بێ یاسای دینی ئیسلام • وە پەرستنی (ئەنصاب) کە بتەکانە . وە بازێ ئەڵێن : یارییە بە نەردو تاوڵەو وێنەیان ... وە بەکارهێنانی (ئەزلام) ئەمانە چەن کارێکن کە لە دیناو لە رەوتی ئادەمیزادی تەبیعەت ساغو بێ نەخۆشینا پیسن لەوانەن ئینسانی

ژێر دووربکەوێتەوە لێیان • وە لەو کردەوانەن کە شەیتان ئەیانهاوێتە ناو دڵی ئینسانی هەوابازی کەم هۆشەوە بۆ ئەوە : یەکەم جار ئەو کەسانە بەدبەخت بکاو ، دوەم جار ئەوانیش بکا بە سوپای خۆی بۆ ئەوە کە ئینسانی تر گیرۆدە بکەن بەو دەردانەوە ، کەوابێ واجبە لێیان دووربکەونەوەو نزیکی ئەو شوێنە مەکەونەوە کە دروست ئەکرێن تیایاو ئەو کەسانەیش کە ئەمانە بەکارئەهێنن چونکی ئادەمیزاد لە رەوشتی هاوڕێی خۆیەوە تووش ئەبێ ، ئومێد هەیە کە بەم پەندە رەفتار بکەن رزگار ببن ؛ چونکی دووری لە شەڕی ئەمانە ئینسان دوورئەخاتەوە لە گەلێ شەڕی بێ سامانو بێ ئامان•

★ (اِنَّما يُرِيدُ الشَّيْطانُ اَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَداوَةَ وَالْبَغْضاءَ فِي الخَمْرِ والمَيْسِرِ) : ★

شەیتان لە تەلبیساتی خۆیو لە ئیلقائاتی خۆی بۆ ئەم شتانە هەر ئەوەی ئەوێ کە دوژمنایەتیو رقو کینەکاری بخاتە ناو ئێوە لە کاتی بەکارهێنانی ئەمانەدا ، لەبەر ئەوە ئینسانێ کە هۆشی نەما قسەی نابار بە خەڵك ئەڵێتو کابرایش کە بیستی ئەجۆشێو کاتێ قومار لەسەر کەوتنو پارەوەرگرتنی بازێکیان بێ یارۆی کەوتووی پارەدۆڕێن لە حاڵی تەبیعی دەرئەچێو قسەی ناشیرین ئەڵێ ئیشی ناهەموار ئەکاو ئاشووب لە ناودا پەیدا ئەبێ •

وە لە باری دینیشەوە خۆ بێهۆشکردن وە یا خۆخەریککردن بە قومار ئینسان بێ مەجال ئەکا لە خواپەرستی بەڵکو دڵی رەش ئەکاتەوەو نووری ئیمانی یا کز ئەبێ یا نامێنێ وە لە زیکری خوداو عیبادەت دوورئەکەوێتەوە وەکو خودا فەرموویەتی •

★ (وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللهِ وعَنِ الصَّلٰوةِ) : ★

واتە شەرابخواردنەوەو قومارکردن مەنعتان ئەکا لە زیکری خوداو لە نوێژکردن •

★ (فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ ؟) : ★ (٩١)

جا ئایا ئێوە لە پاش ئەم بەیانە دەسبەردار ئەبن ؟ واجبە کە دەسبەردار بن •

★ (وأَطِيعُوا اللهَ وأَطِيعُوا الرَّسُولَ واحْذَرُوا) : ★

فەرمانبەری خوداو پێغەمەر بکەن‌و خۆتان بپارێزن لە عەزابی دنیاو قیامەت •

★ (فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنا البَلاغُ المُبِينُ) : ★ (٩٢)

جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم فەرمانانە بزانن کە پێغەمەری ئێمە هەر گەیاندنی فەرموودەی خودای بە شێوەیەکی رووناك لەسەرەوە بەس . ئیتر ئێوە کەیفی خۆتانە •

فەرموودەی خودا : (ليس على الذين آمنوا ... الآية)

ریوایەت‌کراوە کە ئیبن‌و عەبباس ـ خ ـو بەرائی کوڕی عازیب‌و ئەنەسی کوڕی مالیك ـ خ ـ فەرموویانە : کاتێ کە ئایەت نازڵ بوو بۆ حەرامکردنی شەراب کۆمەڵێ لە ئەصحابەکان فەرموویان : ئەبێ حاڵی ئەوانە چۆن بێ کە مردوون‌و لە وەختی خۆیا شەرابیان خواردوەو قوماریان کردوە ؟ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە :

★ (لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا) : ★

واتە : گوناح‌و تاوان نیە لەسەر ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە یاسای دینی ئیسلام‌و کردەوەی باشیان کردوە .. لەو شەرابەدا کە خواردوویانەتەوەو لەو کردەوانەدا کە کردوویانن •

★ (إذا ما اتَّقَوْا وآمَنوا وعَمِلوا الصَّالِحاتِ) : ★

مادام ئیمڕۆ لەسەر ئەو ئیمانە مابن‌و خۆیان بپارێزن لــەو شتانــە کە حەرامکراون لەسەریان‌و ئیستیمرار بکەن لەسەر کردەوەی چاکە لــە بەینی خۆیان‌و نەفسی خۆیانا بەبێ ئەوەی کەس پێیان بزانێ •

★ (ثُمَّ اتَّقَوْا وآمَنوا) : ★

پاش ئەوە دەوام بکەن لەسەر تەقواو ئیمان لە بەینی خۆیان‌و خەڵکدا •

★ (ثُمَّ اتَّقَوْا واَحْسَنُوا) : ★

پاش ئەوەیش تەقوای خودا بکەن‌و کردەوەی چاکە بکەن لە بەینــی خۆیان‌و خودادا • واتە ئیمان‌و تەقواو کردەوەی چاکە یەکەم پلە وا لە لای نەفسی خۆیا ، دوەم پلە وا لە بەینی خۆی‌و خەڵکدا ، سێهەم پلە لە بەینــی خۆیان‌و خودای تەعالادایە وە بازێ فەرموویانە : تەقواو ئیمانی پلـــەی یەکەم بۆ ئەو زەمانە پێشوەیە کە شەراب حەرام نەکراوەو قومار بـــاو بوە لە ناودا ، وە پلەی دووهەم بۆ زەمانی پاشترە کە ئەوانە حەرامکراون ، وە پلەی سێهەم بۆ دەوام‌و مانەوەیە لەسەر ئەو حاڵە باشە هەتا ئەمرێ •

★ (واللّه یُحِبُّ المُحْسِنِینَ) : ★ (٩٣)

وە خودای تەعالا پیاوچاکان‌و چاکەکەرانی خۆش دەوێ •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا لیبلونکم الله .. الأیة)

ئەم ئایەتە لە ساڵی حودەیبیەدا نازڵ بوو ئەصحابەکان لــە ئیحرامـــا بوون‌و حەیوانەکێوی نزیك ئەبوونەوە لێیان بە نەوعێ کە تیـــرو رمیـــان پێ‌ئەگەیشت‌و نەچیرکردنیان ئاسان بوو • جا خودای تەعالا فەرمووی :

★ (یا اَیُّها الَّذینَ آمَنوا لَیَبْلُوَنَّکُمُ اللّهُ بِشَیْءٍ مِنَ الصَّیْدِ تَنالُهُ اَیْدِیکُمْ ورِمَاحُکُمْ) : ★

ئه‌ی که‌سانێ که ئیماتان هێناوه به دینی ئیسلام به راستی خــودا به‌راوردتان ئه‌کا به شتێکی که‌م له نه‌چیر که له کێوه‌کانه‌وه دێنه‌خواره‌وه بۆ به‌رده‌ستان به نه‌وعێکی وه‌ها که ده‌ستتانو رمتان پێیان ئه‌گات •

★ (لِيَعْلَمَ اللهُ مَنْ يَخافُهُ بِالغَيْبِ) ★

هه‌تا عیلمی خودا ته‌عه‌للوق ببه‌ستێ به‌و که‌سانـه‌وه کــه له خــودا نه‌ترسن له به‌ینی خۆیانو خودادا •

★ (فَمَنِ اعْتَدى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذابٌ أَلِيمٌ) : (٩٤) ★

جا هه‌رکه‌سێ پاش ئه‌م نه‌هیه ده‌ستدرێژی بکا بۆیان ئه‌وه عه‌زابێکــی سه‌ختو به ئازاری هه‌یه •

فه‌رمووده‌ی خودا : (یا ایها الذین آمنوا لا تقتلوا الصید .. الآیة)

ریوایه‌تکراوه که : له عومره‌ی حوده‌یبیه‌دا که‌ره کێویه‌ك ده‌رکه‌وت ، جا (ابو الیسر) به رمه‌که‌ی لێیداو کوشتی . جا ئه‌م ئایه‌ته نازڵ بوو •

★ (يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْتُلُوا الصَّيْــدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ) : ★

ئه‌ی که‌سانێ که ئیماتان هێناوه له کاتێکا که ئێوه له ئیحرامدا بـن نه‌چیر مه‌کوژن •

★ (وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّداً فَجَزاءٌ مِثْــلُ مــا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوا عَدْلٍ مِنْكُمْ) ★

وه هه‌رکه‌سێ له ئێوه نه‌چیرێ بکوژێ به عه‌مدیو بزانێ : ئــه‌وه له سه‌ریه‌تی جه‌زاو تۆڵه‌دانه‌وه به حه‌یوانێ که وه‌کو ئه‌و نه‌چیــره وابــێو دوو پیاوی خاوه‌ن عه‌داڵه‌ت داینێنو حوکمی پێ بکه‌ن •

★ (هَدْياً بالِغَ الْكَعْبَةِ) ★

کە حاڵی وابێ بکرێ بە حەیوانێکی نێرراو بۆ حەرەمی مەکەو لەوێ سەری ببڕرێ •

★ (اَوْ كَفّارَةٌ طَعامُ مَساكِينَ) ★

یا کەففارەتێ بدا کە بریتیە لە قیمەتی ئەو حەیوانە بـــە خواردەمەنیو بیدا بە فەقیرو هەژار •

★ (اَوْ عَدْلُ ذلِكَ صِياماً) : ★

یاخود بە ئەندازەی ئەو طەعامە بەڕۆژوو بێ بەم شـــێوە لە باتـــی هەموو مشتێ رۆژێ بەڕۆژو بێ • وەلحاصڵ ئەو نەچیرە کە بە عەمـــدی کوشتوویەتی ئەگەر وێنەی هەبێ کابرا خاترخۆیە لە بەینی سێ شتا : یـــا سەربڕینی وێنەکەی لە حەرەمی مەکەدا بۆ فەقیرانی ئەوێ ، یاخود قیمەتـــی ئەو حەیوانە بدا بە دانەوێڵەو بیدا بە فەقیران ، یا لە باتی هەمـــوو مشتـــێ رۆژێ بەڕۆژوو بێ ، وە ئەگەر حەیوانە نەچیرەکە وێنەی نەبوو ئـــەوە خاترخۆیە لە بەینی دوو شتەکەی دواییدا •

★ (لِيَذُوقَ وَبالَ اَمْرِهِ) : ★

ئەم جەزای نەچیرە واجبە لەسەری بۆ ئەوە کە ئازاری ئەم کـــارە نابارى خۆیە بچێژێ •

★ (عَفا اللهُ عَمّا سَلَفَ) : ★

خودا عەفوی کردوە لەو نەچیرکوشتنە کە لە زەمانی جاهیلییەتـــدا بوە یا کە لە زەمانی ئیسلامدا لە پێش تەحریمی نەچیرکوشـــتندا بـــوە ، یا لەم جارەدا کە (ابو اليسر) کوشتی •

★ (وَمَنْ عادَ فَيَنْتَقِمُ اللهُ مِنْهُ) : ★

وە هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆ سەر نەچیرکوشتن ئەوە بێجگە لـــەو جەزایە کە بڕیاردراوە بۆی خودا ئینتیقامی لێ وەرئەگرێ لەبـــەر ئـــەوە یاسای تێکداوە •

★ (واللهُ عَزِيزٌ ذو انتِقَامٍ) : (٩٥) ★

خودای تەعالا غالبە بەسەر خواستی خۆیاو تۆڵەسێنە لەوانە تاوانبارن بە تایبەتی لەوانە کە دەوام لەسەر تاوانکردن ئەکەن •

★ (اُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وطَعامُهُ مَتاعاً لَكُمْ ولِلسَّيَّارَةِ) ★

حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە ـ ئەی موسوڵمانان ـ نەچیری دەریاو خواردەمەنی دەریا لەوی کەوتبێتە سەر ئاو یاخود رۆچووبێ لەبەر لەزەتوەرگرتنتان لەو نەچیرو خواردەمەنی دەریایە بۆ ئێوە کە نیشتەجێبن وە بۆ کاروانیتان خواە لە ئیحرامدا بن یا لە ئیحراما نەبن •

★ (وحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ ما دُمْتُمْ حُرُماً) : ★

وە حەرامکراوە لەسەرتان نەچیری وڵاتی وشکان مادام لە ئیحرامدا بن •

★ (واتَّقُوا اللهَ الَّذِي اِلَيْهِ تُحْشَرُونَ) : (٩٦) ★

خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی ئەو خودایە کە ناتوانن لە دەستی دەرچن وە بۆ حوزووری ئەو گردئەکرێنەوە لە قیامەتا •

★ (جَعَلَ اللهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرامَ قِياماً لِلنَّاسِ) : ★

خودای تەعالا ئەو کەعبەکە خانوویەکە خاوەن پایەو شانو شەرەفەو نارەوایە تیایا بێئەدەبیو نافەرمانی حەق کردوویەتی بە هۆی راوەستانی هەموو موسوڵمانێ بە هۆی ئەوەوە کە لە ئەساسا کردی بە جێگەی هاتنەخواری پەیامی خودایی بۆ رەهنومایی ئادەمیزادو کردی بە هۆی فێربوونی ئەدابی دینیو دنیایی بە هۆی نازڵکردنی قورئانەوە ، وە بە هۆی مانەوەی دینو ئەخلاقی ئیسلامی وە بە تایبەتی کردی بە هۆی

راوەستانی ئەو ئومەتە کە وان لە دەوروبەریا کە خودای تەعالا کردوویە. بە پەناو جێگەی هێمنیو لە هەموو جانیبی دنیاوە خەڵکی دێن بۆ حەجو رزقو رۆزی، ژیواری بۆ دێنن و لەوێ سەرفی ئەکەن بە پیاوەتیو خێرۆمەندی وە یا بە هۆی بازرگانیەوە هەروا لە رۆژێکەوە دروست کراوە. هەتا هەتایە •

★ (والشَّهْرَ الْحَرَامَ) : ★

هەروا مانگی حەرام کە مانگی قوربانە کردوویەتی بە هۆی راوەستانی، ئادەمیزاد. لەم جیهەتەوە کە کاتی عیبادەتەو ئاشووب نیە تیایا یاخود هۆی، سوودی دینیو عیبادەتو عەفوکردنی تاوانی تاوانبارە . یا لەم هۆوە کە تیجارەتو سوودی دنیای تیایە •

★ (والْهَدْيَ والْقَلاَئِدَ) : ★

هەروا خودا حەیوانی (هەدی) کە حەیوانێکە بە دیاری ببرێ بۆ مەکە لە مەوسیمی حەجدا وە بە تایبەتی ئەوانە کە گەردەنبەند کراوەتە ملیانو دیاری کراون •

★ (ذلِكَ لِتَعْلَمُوا اَنَّ اللهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمواتِ ومَا فِي الاَرْضِ) : ★

ئەم فەرمانانەم بڕیار دا هەتا بزانن کە خودای تەعالا زانایەو ئەزانێ بە هەرچی وا لە ئاسمانەکاناو هەرچی وا لە عەرزا •

★ (واَنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) : (٩٧) ★

نەك هەر ئەوانە بەڵکو بە هەموو شتێ زانایە •

★ (اِعْلَمُوا اَنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ واَنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) : (٩٨) ★

وە بزانن کە عیقابی خودا توندەو بە راستی خودا خەتاپۆشن و میهرەبانەو پێویستە ئاگاتان لەم فەرمانانە بێ •

★ (ما عَلى الرَّسول اِلاّ البَلاغُ واللهُ يَعْلَمُ ما تُبْدُونَ وما تَكْتُمُونَ) : (٩٩) ★

وە لەسەر پێغەمەر نیە گەیاندنی فەرمانی خودا نەبێ وا گەیاندی و ئەیگەیەنێ وە خودا زانایە بەوەی وتتان کردوە لە خەڵك و ونی ئەکەن وە بەوەی دەرتان بڕیوەو دەری ئەبڕن و غەیب و شەهادە لە لای خودا یەکسانە •

فەرموودەی خودا : (قل لا يستوى الخبيث والطيب .. الآية)

واحیدی و ئەسفەهانی ریوایەتیان کردوە لە جابیرەوە ـ خ ـ :
پاش ئەوە کە خودا شەرابی حەرامکرد حەزرەت رۆژێ باسی حەرامی شەرابی کردو عەرەبێ عەرزی کرد : یارەسوولەڵلا من بە هۆی تیجارەتی شەرابەوە ماڵێکی زۆرم پێکەوە ناوە ، ئایا سوودی هەیە بۆم ئەگەر ئەو ماڵە سەرف بکەم لە رێگەی خودادا ؟ حەزرەت لە وەڵامیا فەرمووی : (خودا تەنها شتی پاك وەرئەگرێ) جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵکرد •

وە بازێ کەس ئەڵێن : نازڵ بوە لە کاتێکدا کە موسوڵمانەکان ویستیان دەستڕاکێشن بۆ حەجاجی یەمامە کە لە عەهدی کوفرو شیرکا هاتبوون بۆ حەج و بیانکوژن و ماڵەکەیان لێ بسێنن ، وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو نەهی کرد لە موسوڵمانەکان لەو دەسدرێژیەو فەرمووی :

★ (قُلْ لا يَسْتَوِى الْخَبِيثُ والطَّيِّبُ) :★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ پیس و پاك وەکو یەك نین لە هیچ بابەتێکدا چ لە ئنسانا چ لە کردەوەدا چ لە ماڵدا •

★ (وَلَوْ اَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ) : ★

هەرچەند ئەو ماڵە پیسە یا ئەو شتە پیسە بتخاتە تەعەجوبەوە لەبەر زۆری یا هەرچەن بتخاتە شادمانیەوە لەبەر زۆری ؛ چونکە رەفیقێکی باش لە دە رەفیقی نابار باشترە ، وە تاقە دینارێکی حەلاڵ لە دە دیناری حەرام باشترە ، وە تاقە نوێژێکی بە خوشووع لە دە نوێژی بێ خوشووع باشترە ••• کەوابێ پێویستە بۆ هۆشیار بە دەوام قەناعەت بکا بە کەمێکی باش و لانەدا بۆ زۆرێکی خراپ •

★ (فَاتَّقُوا اللهَ يا اولي الالْبابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحونَ) (١٠٠)★

دەی خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خودا ئەی خاوەن دەماخەکان و خاوەن هۆشەکان بەڵکو رزگار بین •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا لا تسئلوا •••)

ریوایەتکراوە لە ئیبن و عەبباسەوە ـ خ ـ : کە رۆژێ حەزرەت ـ د ـ خوتبەی ئەخوێندەوە زۆر عاجز بووبوو لەبەر پرسیاری زۆری بێ مەعنا ئەویش فەرمووی : هەر شتێ پرسیار بکەن جوابتان ئەدەمەوە ، جا کابرایێ بانگی کرد : باوکم لە کوێیە ؟ حەزرەت فەرمووی : وا لە ناو ئاگرا • وە پیاوێ تر وتی : باوکی من کێیە ؟ فەرمووی : باوکت (حذافە)یە ، وە لەو وەختەدا نیسبەت بە یەکێ تر ئەدرا • جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو •

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلیەوە ـ خ ـ کاتێ ئایەتی (ولله على الناس حج البيت) نازڵ بوو سەراقەی کوڕی مالیك عەرزی کرد : هەموو ساڵێ ؟ وە حەزرەت جوابی نەدایەوە ، دووبارە پرسیاری کردەوەو حەزرەت هەر گوێی پێ نەدا ، جا بۆ جاری سێهەم عەرزی کردەوە ، جا حەزرەت فەرمووی : نەء هەر یەك جار وە ئەگەر بموتایە بەڵێ واجب ئەبوو نەیشتان ئەتوانی ، جا خودای تەعالا فەرمووی :

★ (یا اَیُّها الَّذینَ آمَنوا لا تَسْئَلوا عَنْ اَشْیاءَ اِنْ تُبْدَلَکُمْ تَسُؤْکُمْ) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام پرسیار مەکەن لە پێغەمەر ـ د ـ لە بازە شتێکی وا ئەگەر حەقیقەتەکەی دەربکەوێ بۆتان تووشی نارەحەتیتان بکاو غەمبارتان بکا ●

★ (واِنْ تَسْئَلوا عَنْها حینَ یُنَزَّلُ الْقُرآنُ تُبْدَ لَکُمْ) : ★

وە ئەگەر ئێوە پرسیاری لێبکەن لەو کاتەدا کە قورئان نازڵ ئەبێ‌و وەحی دێتەخوارەوە بۆتان دەرئەکەوێ ●

★ (عَفا اللهُ عَنْها) : ★

خودا عەفوتان بکا لەو پرسیارە بێ موناسەبانە کە لەمەوبەر کردووتانە ئیتر مەگەڕێنەوە بۆ وێنەیان ●

★ (واللهُ غَفُورٌ حَلیمٌ) : (١٠١) ★

خودای تەعالا خەتاپۆش‌و خاوەن حیلم‌و بەکەرەمە ●

★ (قَدْ سَأَلَها قَوْمٌ مِنْ قَبْلِکُمْ ثُمَّ اَصْبَحوا بِها کافِرینَ) : (١٠٢) ★

بە راستی کۆمەڵێ لە پێش زەمانی ئێوەدا پرسیاری وەکو ئێوەیان کردو چەن شتێکیان داوا کرد ، بەڵام لەبەر ئەوە کە بە شێوەی عەنادو ناباری بوو هەرچەن داواکراوەکەیان پێدرا لە ئەنجاما ئینکاری حوقووقی ئەوانەیان کرد ؛ ئەوەتە قەومی صالح داوای وشترێکیان کرد کە لە بەردێك بۆیان بێتەدەرەوە وە بۆیان‌کراو لە ئەنجاما کوشتیان ، بەنی ئیسرائیلیەکان داوای پاشایان کرد کە خودا پاشای بۆ دیاری کردن پێی رازی نەبوون هەتا فەرز کرا بەسەریانا ، وە قەومی عیسا داوای (مائیدە) ـ سفرەی ـ

ئاسمانییان کردو بۆیان هاتەخوارەوە کەچی پاش هاتنەخوارەوە بوو بە هۆی فیتنەو تێکچوونی دڵی بازێکیان ·· ئێوەیش لەسەر ئەم نەوعە پرسیارە دەوام بکەن تووشی فیتنە ئەبن •

★ (ما جَعَلَ اللهُ مِنْ بَحِيرَةٍ ولا سائِبَةٍ ولا وَصِيلَةٍ ولا حَامٍ) : ★

خودای تەعالا ئەم نەوعە شتانەی لە دینا بڕیار نەداوە •

★ (ولكِنَّ الَّذينَ كَفَرُوا يَفْتَرُونَ عَلَى اللهِ الكَذِبَ وأَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ) : (١٠٣) ★

بەڵام ئەو کەسانە کە باوەڕیان نیە بە خوداو بە دینی خودا درۆ دروست ئەکەنو دەمهەڵبەست ئەکەن لەسەر خوداو ئەڵێن ئەمانە هەنو مەشرووعن وەبحاڵ زۆری ئەم کۆمەڵە کە ئەمانە ئەکەنو ئەم درۆو دەلەسە هەڵئەبەستن هۆشیار نینو شوعووریان ناڕوا بۆ ئوموورانێ کە خێری تێدابێ بەبێ ئەساس ئەو شتانە دروست ئەکەن •

یاسای عەرەبە موشریکەکان وابوە کە هەروەختێ وشترێکیان پێنج سك بزابێو دوا سکەکەی نێر بوایە ئەهاتن گوێی ئەو وشترەیان هەڵئەقلیشانو بەرەڵایان ئەکرد : نە سواری ئەبوونو نە ئەیاندۆشی ، (بەحیرە) بەو وشترە ئەڵێن ، یانی گوێهەڵدڕراو • وە بازێ کەس کە نەخۆش ئەکەوت ئەیوت : ئەگەر خودا شیفای دام لەم نەخۆشییە فلانە وشتر (سائیبە) بێ یانی مەرەخەس بێو بەرەڵا بێ ، ئەمەیش (سائیبە)یە •

وە ئەگەر وشترێ بزابێ بە مێچکە ئەوە خۆیان هەڵیانئەگرتو خۆشیانئەویستو ئەیانوت : ئەمە بۆ خۆمانە ، وە ئەگەر بەچکەکەی نێر بوابێ ئەیانوت : ئەمە بۆ بتەکانە وە سەریان ئەبڕی ، وە ئەگەر بە سکێ مێچکەیەكو نێرەیەکی ببوایە ئەیانوت : ئەم بەچکە مێچکە براکەی هێناوەتە لای خۆی لەبەر خاتری ئەو مێیە نێرەکەیشیان ئەهێشتەوەو سەریان

نەدەبڕی‌و ناو ئەبرا بە (وەصیلە) یانی (مەوصوولە)واتـــە لکـــاوە بـــە مێچکەکەوەو لەبەر ئەوە سەری نابڕن •

وە هەر وشترێکی (فەحل) بە هۆی پەڕینی ئەوەوە وشترێك دە جار بزایە بەو وشترە نێرەیان ئەوت پشتی خۆی پارازتووەو ســەری نەبڕیـــن ئەمیش ناونەبرا بە(حامی) خۆپەرازتوو لە سەربڕین •• ئەمە هەموو یاسای زەمانی نەزانی بوون •

★ (وَاِذَا قِيلَ لَهُمْ : تَعَالَوْا اِلَى مَـا اَنْـزَلَ اللهُ وَاِلَى الرَّسُولِ قَالُوا :

حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ، اَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُـمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ ؟) : (١٠٤) ★

ئەفەرموێت : بێ‌عەقڵی ئەو قەومە ئەوەندە غالبە بەسەریانا ئەگـــەر پێیان بوترێ وەرن بۆ فەرمانی ئەو حوکمەی خودا رەوانەی کردوەو بێن بۆ لای پێغەمەری خۆشەویست‌و ئامۆژگاری لەو وەربگرن •• لە وەڵامـــا ئەڵێن ئێمە نایەین بۆ لای کەس . بەسە بۆ ئێمە ئەو یاساو ئـــەو جـــۆرە رەفتارەو ئەو جۆرە بیرو باوەڕە کە باوك‌و باپیرەمان بۆی بەجێ‌هێشتووین‌و ئێمە ئەوانمان لەسەر ئەو شێوە دەس‌کەوتوە ، خوداش لە رەدکردنەوەیانا ئەفەرموێت : ئایا ئەگەر باوك‌و باپیرەکەیشیان هیچ نەزان بوون‌و لەوانـــە بوون کە شارەزا نەبوون بۆ رێگەیەکی راست هەر ئەکەونە شوێنیـــان‌و هەر بەسیانە بیرو باوەڕی ئەوان‌و کارو کردەوەی ئەوان ؟ زۆر جێگـــەی سەرنجە ئەم کارە ! واتە واجبی هۆشیار ئەوەیە کە شت لێکـــەوەبـــداو خراپەکەی دەفع بکاو چاکەکەی وەربگرێ‌و یاسایێ هەمووی ناشیرین بێ بۆ وەرگرتن ناشێ •

فەرمووودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا علیکم انفسکم .. الآیة)

ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د ـ نامەی نووسی بۆ لای خەڵکی (هەجەر)و ، لەو کاتەدا مونزیری کوڕی ساوی گەورەیان بو ، بۆی نووسی : بێن موسوڵمان بن ، کاتێ ئەو نامە گەیی بە مونزیر نیشانی قەومەکەی دا لە عەرەب‌و لە یەهوودو نەصاراو صابیئەو مەجووس هەموو ئیقراریان کرد بە جیزیەدان‌و نەیانویست کە موسوڵمان بین • جا حەزرەت بۆی نووسییەوە (اما العرب فلا تقبل منهم الا الاسلام او السیف ، واما أهل الکتاب والمجوس فاقبل منهم الجزیة) فەرمووی : قەومەکەت ئەوەی عەرەبە هەر ئیسلامبوونیان لێ قەبوڵ بکە ، بەڵام ئەوانەیان کە کیتابی‌و مەجووسین ئەوە جیزیەیشیان لێوەربگرە • کاتێ ئەم نامە گەیشتەبەرەوە عەرەبەکان هەموو موسوڵمان بوون بەڵام ئەهلی کیتاب‌و مەجووسیەکان جیزیەیان دا • جا عەرەبە منافقەکان وتیان : سەرمان سوڕماوە لە محەمەد کە خودا ناردوویەتی بۆ ئەوە کە شەڕ بکا لە وەختی خۆیا لەگەڵ هەموو کافرێکدا هەتا موسوڵمان ئەبن‌و جیزیە قەبوڵ نەکا لە ئەهلی کیتاب نەبێ کەچی ئیستە جیزیە لە کافرەکانی ئەهلی هەجەر وەرئەگرێ ؟! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد :

★ (یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنوا عَلَیْکُمْ اَنْفُسَکُمْ لا یَضُرُّکُمْ مَنْ ضَلَّ اِذا اهْتَدَیْتُمْ) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە لە عەرەب هیچ زیان نادا لە ئێوە گومڕاهی ئەوانە گومڕاه بوون لە ئەهلی کیتاب‌و ئێوە موسوڵمان بن ، وە ئێوە لەسەرتانە کە خۆتان بپارێزن لە هەموو بیروباوەڕێکی نابار وەکو کوفرو بیدعەت‌و لە هەموو کردەوەیەکی ناپەسەند وە مادام ئێوە حاڵتان وەهابوو ئیتر کوفرو فیسق‌و بەدکاری خەڵکی زیان نادا لە ئێوە ، ئەوانە کە جیزیە ئەدەن‌و لەسەر کوفر ئەمێننەوە خۆیان زیانبار ئەبن نەك ئێوە ، وە تانەو تەشەری

ئەو عەرەبانە کە ئەیانەوێ ئێوە هەر لەسەر دینی پووچی زەمانی جاهیلییەت بڕۆن تەئثیری خراپی نابێت بۆتان •

★ (اِلَى اللهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً) ★
هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەتان بە تێکڕایی •
★ (فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) : (١٠٥) ★
جا خودا خەبەرتان پێ ئەدا بە جەزاو تۆڵەی ئەو گۆناهانە کە کردووتانە •

ریوایەت کراوە لە ئەبوبەکری صدیقەوە ـ خ ـ فەرموویەتی لەم ئایەتی (لا یضرکم من ضل اذا اهتدیتم)ەدا من بیستوومە لە پێغەمەر ـ د ـ ئەیفەرموو : هەر کاتێ کە کۆمەڵەی ئادەمیزاد چاویان کەوت بە کەسێکی زۆردارو غەددارو نەیانـدا لە دەستی ئەوە نزیکە خودای تەعالا عەزابی هەموویان بدا •

وە ئەبو ئومەییە ئەڵێ : پرسیارم کرد لە ئەبو ثەعلەبە لە مەعنای (یا ایها الذین آمنوا علیکم انفسکم لا یضرکم من ضل اذا اهتدیتم) ئەویش فەرمووی : وەڵڵا منیش پرسیارم کرد لە ئاگادارێکی گەورە ، پرسیارم کرد لە حەزرەت ـ د ـ ئەویش فەرمووی : ئەمر بکەن بە چاکەو نەهی بکەن لە خراپە هەتا زەمانێ کە چاوتان ئەکەوێ بە رژدێکی فەرمانبەرداری کراو ، وە ئارەزووبازیو کەوتنە شوێنی هەوا •

جا کە وەزعی دنیا وەها گۆڕا لەسەرت بێ ئەو شتانە کە عەلاقەیان هەیە بە نەفسی خۆتەوەو واز بێنە لە رەشەئادەمیزاد ، چونکی لە پاش ئەم رۆژەنانا چەند رۆژێکی وا دێت خۆگرتن لەو رۆژانەدا وەکو ئەوەیە پشکۆیێ ئاگر بخەیتە مشتتەوە ، وە لەو رۆژەدا هەیە بۆ ئەو کەسانە کە کردەوەیان باشە پاداشی پەنجا کەس لە ئێوە • جا عەرزی کرا : پەنجا کەس لە ئێمە یا لە خۆیان ؟ فەرمووی : ئەجری پەنجا کەس لە ئێوە • ئەم حەدیثە ئەبوداوودو ترمذی ریوایەتیان کردووە •

وە بازێ کەس وا حاڵی بوون هەرکەسێ خۆی نەختێ کردەوەی باش بێ ئیتر ئەگەر حەقی نەبێ بەسەر کەسەوە ئەوە دروستە ، بەڵام ئەم فیکرە هەڵەیەیە چونکی خودا فەرموویەتی :

(لا یضرکم من ضل اذا اهتدیتم)وە هیدایەتی راستی لە کاتێکـــدا جێبەجێ ئەبێ کە کابرا واجباتی خۆی جێبەجێ بکا • وە لە جوملـــەی واجباتی ئینسانی موسوڵمان ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەرە ، ئەگەرنا مادام ئەم واجبە بەجێ نەهێنێ ئەوە بە موهتەدی کامڵ ناناسرێو بەر مەعنای (اذا اهتدیتم) ناکەوێ •

بێدار بن ! زاناکان لە مەعنای فەرموودەکـــەی حـــەزرەتا کـــە فەرموویەتی (یەکێ لەوان ئەجری حەفتا کەسی لە ئێوە هەیە) زۆر قسەیان کردوە :

١ ــ بازێکیان ئەڵێن ئەوەندە دەلیلی زۆر لە ئایەتو لە حەدیثا هەیـە بەسەر زیادە پایەی ئەصحابی پێغەمەر ــ د ــ ئەبێ مەعنای ئـــەم حەدیثـــە وەهابێ بڵێین هەر بۆ تەشویقو تەرغیبی ئوممەتی ئاخر زەمانـــە لەســـەر رەفتاری باش ئەگەرنا رەفتاری ئەوان ناگاتە پایەی رەفتاری ئەصحابە چ جای ئەوە زیاد بکا لەوە !

٢ ــ وە بازێکیان ئەڵێن مەبەس تەنیا پایەی خەڵکە لـــەو رەفتـــارە شەرعیەدا کە لە کاتی تاریکی دنیاو هێرشی فیسقو فجوورو تەماعی دنیـاو غەریبکەوتنی دیندا ئەیکەن ئەگەر نا پایەی صوحبەتی حەزرەت ــ د ــ بۆ کەس نابێ •

٣ ــ وە بازێکیش فە رموویانە مانیع نیە لەوە کە بەعزێ لە خەواصی ئوممەتی پێغەمەر ــ د ــ لە ئاخر زەمانا لەبـــەر ئیخلاصـــیو ساغـــی دڵو رەفتاری باشو بڵاوکردنەوەی دین ئەجری بە قەی گەلێ ئەصحابە بێ کە ئەو نەوعە خزمەتەیان نەکردبێ ئیتر پایەی صوحبەت مەبەســـ نیـــە لـــەو فەرموودەدا •

فەرموودەی خودا : (یا ایها الذین آمنوا شهادة بینکم)

ترمزیو بوخاری ریوایەتیان کردوە لە ئیبنو عەباسەوە ئەفەرموێ : پیاوێ لە بەنی سەهم لەگەڵ تەمیمی داریو عەدیی کوڕی بەددائـــدا چوون بۆ سەفەر . پیاوە (سەهسی)یەکە لە ڕێگەدا مرد لە شوێنێکـــا موسوڵمانی تێدا نەبوو . کاتێ دوو پیاوەکەی هاوڕێـــی میراتیەکـــەیان هێنایەوە جامێکی زیو ـ کە مێخی ئاڵتوونی تێدا بوو ـ دیـار نەبـــوو ، پێغەمبەر ـ د ـ سوێندی دان ، دوایی جامەکە لە مەکە دۆزرایەوە . وتیـان لە (عەدیی)و (تەمیم)مان کڕیوە ، لەوێدا دوان لە خزمی یارۆی سەهســی ـ کە مرد ـ سوێندیان خواردو وتیان : شایەتیەکەی ئێمە ڕاستترە لـــە شایەتی ئەو دوانە ـ دوو هاوڕێی یارۆی مردوو ـ و جامەکە جەمـــی خزمەکەمانە ، ئیبنو عەبباس ئەڵێ :

ئەم ئایەتی (یا ایها الذین آمنوا شهادة ...)ە لەوانەدا هاتە خوارەوە .

ریوایەت کراوە : کە ئەو جامە کاسەیێ بوو لە زیو نەخش کرابوو بە ئاڵتوون وەکو (خوص) و تەمیمی داری لە پێش ئیسلامبوونیا کە نەصرانی بوو چووبوو بۆ شام بۆ تیجارەتو عودەیی کوڕی بەددائی لەگەڵدا بوو ، لەوێدا ئەو بەدیل ناوی مەولای عەمری کوڕی عاصی وائیلی سەهمی‌یـــە کە چووبوو بۆ شام بۆ تیجارەت لە شامدا نەخۆش کەوتو وەصێتی کرد بۆ تەمیمو عەدی کە : ئەو ماڵەو ئەو جامە ببەنەوە بۆ میراتبەرەکانـــی لە هۆزی (سەهم) ئەوانیش وایان کرد بەڵام جامەکەیان نەداوەو فرۆشتیان بە هەزار درەمو لە ناو خۆیانا بەشیان کردو یەکی نیوەیان هەڵگرت . جـــا کاتێ تەمیم موسوڵمان بوو هات بۆ مەدینە جامەکـــەی دەرخســـت کـــە فرۆشراوەو پێنج‌سەد درەمەکەی لای خۆی دایەوە بە هۆزی سەهم ئەوانیش داوای باقی پارەکەیان کرد لە عەدیی ئەو ئینکاری کردو نیزاعەکە گەییشتە لای حەزرەتـــدو داوای شاهیدی کرد لە هۆزی سەهم شاهیدیان نەبوو وە

داوای سوێندی کرد نە عەدیی سوێندی خوارد ، جا ئایەتی (یا ایها الذین آمنوا شهادة بینکم ...) هاتەخوارەوە • وە عەمری کـوڕی عاصـی کوڕی وائیلی سەهسیی‌و مەطلەبی کوڕی وەداعەی سەهمیی بەهـۆی بەیانەکەی تەمیمی دارییەوە لەسەر عیلمی خۆیان بەوە کە جامەکە ناسراو بوو سوێندیان خواردو جامەکەیان وەرگرتەوە •

ئەم ریوایەتە لەگەڵ زاهیری ئایەتەکەداو زاهیـری ئـەو حەدیشـە شەریفەیش کە ترمزیی‌و بوخاری ریوایەتیان کردوە ڕێك ناکەویّ‌و پێویستە بە تەئویل ؛ چونکە زاهیری ئایەتەکە ئەوەیە کە حەزرەت ـ د ـ سـوێندی تەمیم‌و عەدی داوەو سوێندیان خواردوەو لە پاش ئەو خەیانـەتەکـەیان دەرکەوتوە •

وە لە ریوایەتێکی تردا ئەڵێت ؛ تەمیمی کوڕی ئەوسی داری‌و عەدی کوڕی زەید دەرچوون بۆ تیجارەت بۆ شام‌و لەو کاتەدا نەصرانی بـوونو بەدیلی کوڕی ئەبو مەریەم ـ عەبدی عەمری کوڕی عاص ـ لـەگەڵیـان ڕۆییشت بۆ شام بۆ تیجارەت‌و موسوڵمان بوو ، کاتیّ گەییشـتنە شـام بەدیل نەخۆش کەوت‌و کاغەزێکی نووسی حسابی هەموو ماڵەکەی خـۆی تێدا بوو خستیە ناو بوخچەی جل‌و بەرگەوەو باسی ئەمەی نەکـرد بـۆ تەمیم‌و عەدیی‌و وەصیەتی بۆ کردن ئەم کەل‌وپەلی منە هەموو بیەنەوە • پاش ئەوە بەدیل مردو ئەم دوو کەسە گەڕان بە ناو کەل‌وپەلەکەیدا جامێکـی زیویان دیتەوە سێصەد مثقاڵ وەزنی بوو وە نەخش کرابو بە ئاڵتوون ، ئەم جامەیان دەرکردو باقی کەل‌وپەلەکەیان دایەوە بە خاوەن ماڵەکەو ئەوانیش کاغەزەکەیان دەرهێناو خوێندیانەوەو ئاگادار بوون لەوە ئەو جامە نەماوە • جا پرسیاریان کرد لە (تەمیم)و (عەدی) : ئایا بەدیل لەو ماڵی خۆیە هیچی فرۆشت ؟ وتیان :
نەخەیر • وە وتیان : ئایا نەخۆشینەکەی توولی کێشا هەتا پێویستی بیّ بە قەرزیّ یا فرۆشتنی ماڵیّ لەوەی کە لەلای بوە ؟ وتیان :

نەخەیر ، بەڵکو کە گەییشتینە شام نەخۆش کەوتو ئەوەندەی پێ نەچوو مرد • جا وتیان : دەی ئێمە لە کاغەزێکدا کە ئەو نووسیویەتی چاومان پێ نەکەوێ جامێکی ناردوەتەوە لە زیو کە نەخش کراوە بە ئاڵتوونو وەزنەکەی سێصەد مثقاڵە • ئەوانیش وتیان : ئاگامان لێی نیە ، بەس وەصێتی بۆ کردووین کە ئەم کەلوپەلە بدەین بە ئێوە ئەوەتا هێندومانە بۆتان ، ئیتر ئاگامان لە جام نیە • جا شکاتی خۆیان برد بۆ لای پێغەمەر ـ د ـ وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو وە حەزرەت لە پاش عەسرا دوای نوێژ تەمیمو عەدی سوێند دا لە پاڵ مینبەردا ، سوێندی دان کە خەیانەتیان نەکردوە کەمو زۆر لەوەی بەدیل تەسلیمی کردوونو حەزرەت فەرمووی : بڕۆن • لە پاش ئەمە جامەکەیان لە مەکەدا دەرکەوتو میراتبەرەکانی بەدیل ئاگادار بوونو داوایان کرد لە تەمیمو عەدی ، ئەوانیش وتیان : وەختی خۆی ئێمە کڕیبوومان لە بەدیل بەڵام لەبەر ئەوە کە شاهیدمان نەبوو بە باشمان نەزانی ئیقرار بکەین بەو مامەڵە جا بردنیانەوە بۆ لای حەزرەت جا ئایەتی (فان عثر علی انهما) نازڵ بوو وە عەمری کوڕی عاصو (مطلب)ی کوڕی وەداعەی سەهمی سوێندیان خوارد کە تەمیمو عەدی بە درۆ سوێندیان خواردوەو خەیانەتیان کردوە جا ڕۆییشتن جامەکەیان هێناوە بۆیانو تەسلیمیان کردەوە بە خاوەنە شەرعیەکەی ، خودا ئەفەرموێت :

★ (يا ايُّها الَّذينَ آمَنُوا شَهادَةُ بَيْنِكُمْ اِذا حَضَرَ اَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حينَ الوَصِيَّةِ اثْنانِ ذَوا عَدْلٍ مِنْكُمْ) : ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ! شەهادەتدانی ناو ئێوە کاتێ کە مردن هاتبێتە سەریو بیەوێ وەصیەت بکا •• شەهادەتی دوو کەسی عادڵو ڕاساڵە لە ئێودو لە موسوڵمانان •

★ (اوْ آخرانِ مِن غَیْرِکُم اِنْ اَنْتُمْ ضَرَبْتُمْ في الأَرْضِ فَاَصابَتْکُمْ مُصِیبَةُ المَوْتِ) : ★

یاخود شەهادەتی دوو کەسی ترە لە ئێوە ئەگەر ئێوە لە سەفەردا بوونو مسیبەتی مردنتان بەسەرا هات . جا پاش ئەوە کە ئەو دوو کەسە کران بە جێگەی باوەڕ بۆ کابرای مردوو وە وەصیەتی بۆ کردنو مرد .

★ (تَحْبِسونَهُمَا مِنْ بَعْدِ الصَّلوةِ) ★

ئەو دوو کەسە رابگرن لە پاش نوێژی عەسر .

★ (فَیُقْسِمانِ بِاللهِ ـ اِنِ ارْتَبْتُمْ ـ : لا نَشْتَری بِهِ ثَمَنا وَلَوْ کانَ ذا قُرْبی ، ولا نَکْتُمُ شَهادَةَ اللهِ اِنّا اِذاً لَمِنَ الآثِمِینَ) (١٠٦) ★

جا ئەگەر گومانتان پەیدا کرد بائەو دوو کەسە سوێند بخۆنو بڵێن : بەخوا بەم سوێندە کە ئەیخۆین مەبەسمان ئەوە نیە کە ماڵێکی دنیای پێ پەیدا بکەین ، بائەو کەسەیش کە بە سوێندەکەی ئێمە ماڵی دەس ئەکەوێ لە خزمو خوێشانی ئێمە بێ ، وە ئێمە شەهادەتێ کە خـــودای تەعالا بڕیاری داوە لە دینا نایشارینەوەو وەصیەتی کابرای وەصیەتکەرون ناکەینو ئەگەر ماڵی دوییا وەربگرین لە کەس یا شەهادەت ونبکەین ئێمە لـە جوملـــەی تاوانباران ئەبین .

★ (فَاِنْ عُثِرَ عَلی اَنَّهُما اسْتَحَقّا اِثْماً فَآخَرانِ یَقومانِ مَقامَهُما مِنَ الَّذِینَ اسْتَحَقَّ عَلَیْهِمُ الاَوْلَیانِ) : ★

جا پاش شەهادەتی ئەو دوو کەسە ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە ئـــەو دوو شاهیدە تاوانبار بوونو بەو شایەتیە گوناهبار بوونو درۆیان کـردوە ئەوە دوو کەسی تر راوەستێنن لە جێگەی ئەو دوو شایەتە تاوانبارانـە کـە شەهادەتیان لەسەر دان لەم تاقمە کە حەق کەوتە سەریان کە نزیکترن بـــە مردوەکە .

★ (فَيُقْسِمانِ بِاللهِ لَشَهادَتُنا اَحَقُّ مِنْ شَهادَتِهِمَا):★
جا سوێند بخۆن بڵێن : شایەتی ئێمە راستترە لە شایەتـــی ئـــەو دوو کەسە •

★ (وما اعْتَدَيْنا) : ★
وە لەم شایەتیەدا کە ئێمە ئەیدەین بە سەر حەقی کەسدا نارۆین •

★ (اِنّا اِذاً لَمِنَ الظّالِمِينَ) : (١٠٧) ★
بە راستی ئەگەر ئێمە تەجاوز بکەین لەسەر حەقی خەڵك دەرئەکەوێ کە ئێمە لە گرۆهی ستەمکارانین‌و لەوانەین کە حەق ئەشارینەوەو بەناڵـــی لە جێگەدا دائەنێین •

★ (ذٰلِكَ اَدْنى اَنْ يَاْتُوا بِالشَّهادَةِ عَلى وَجْهِهَـــا اَوْ يَخافُوا اَنْ تُرَدَّ اَيْمانٌ بَعدَ اَيْمانِهِمْ) : ★
ئەم یاسا کە دامان نا لە وەصیەتکردنی ئینسانی نزیك بەمردندا بـــە تایبەتی لە سەفەردا کە وتمان پێویستە دوو پیاوی عادڵ لە خۆتـــان یـــا دوو کەسی تر شەهادەت بدەن لەسەر وەصیەتەکە وە لە کاتـــی گـــومانـــی خەیانەتیشا شایەتەکان سوێندی لەگەڵدا بخۆن وە بێجگە لەمەیش ئەگـــەر خەیانەتیان لێ دەرکەوت دوو کەس لە تاقمی میراتبەر کـــە نزیکترن بـــە مردوەکە سوێند بخۆن لەسەر مانەوەی ماڵەکەیان •• ئەم جـــۆرە یاســـا زۆر نزیکترە لە راستی‌و ئەدای شەهادەت لە لایەنی وەصیەکانـــەوە بـــە شێوەی واقیع ، وە نزیکترە لە ترسی گەڕانـــەوەی سوێنـــد بـــۆ لای میراتبەرەکان ؛ چونکی ئەگەر لە ئەصلا شایەتی وەصیەکان موئـەککـــەد نەبێ بە سوێند هەروا بە بێ ئیهتیمامی شەهادەتێ ئـــەدەن‌و گـــوێ بـــە راستگۆیی نادەن لە شەهادەتەکەیان‌و لەم لایشەوە کە حەقی سوێند ببـــێ بۆ جانیبی میراتبەر زۆرتر جانیبی وەصی ئەترسن لە خەیانەتباری نەبـــادا شتێکیان لێ دەربکەوێ‌و ئەملا سوێند بخۆن لەسەر خەیانەتەکـــەیـــان‌و ئابڕوویان بچێ لە دنیادا •

★ (واتَّقُوا اللّهَ واسْمَعُوا) : ★

لە خودا بترسن‌و ئەو ئەحکامانە کە دایانئەمەزرێنن وەریابگرن‌و بە گوێی قەبوڵ بیانبیسن •

★ (واللّهُ لا یَهْدي الْقَوْمَ الفَاسِقِینَ) (١٠٨) ★

وە ئەگەر لە خودا نەترسن‌و حوکمی خودا نەبیسن فاسق ئەبن‌و خودای تەعالا هیدایەتتان نادا ؛ چونکی قەومێ کە فاسق بێ‌و سوور بێ لەسەر نابازی خودا هیدایەتی نادات •

بزانن : لەم ئایەتەدا چەن شتێ هەیە :

یەکەم : لە ناو موفەسیرەکانا مەشهوورە کە ئەم سێ ئایەتە لە گرانترینی ئایاتی قورئانن لە جیهەتی ئیعراب‌و مەعناو حوکمەوەو پێویستە ئینسان باش بە وردی بچێتە ناویان‌و تێیان بگات •

دوەم : صاحێبی تەفسیری بەیضاوی ئەفەرموێت : حوکمی سوێندخواردنی ئەو دوو کەسە مەنسووخە ئەگەر شاهید بن لەسەر وەصیەکان ؛ چونکی شایەت سوێند نادرێ هەرچەند موتەهەم بن • بەڵێ حەزرەتی عەلی - خ - فەرموویەتی : ئەگەر شایەت موتەهەم بێ سوێند ئەدرێ ، وە ئەگەر ئەو دوو کەسە ئەوانە بن کە بوون بە وەصی‌و کابرای نەخۆش وەصیەتی بۆ کردوون ئەوە دروستە سوێند بدرێن ، بە تایبەتی لە کاتی توهمەتا ؛ چونکی ئەصڵ مانەوەی ماڵی کابرای مردوە بۆ میراتبەرەکانی مادام ئەم دوو وەصیە ئەڵێن کابرا ئەوەندە ماڵی خۆی داناوە بۆ فلان کەس یا بۆ فلان جیهەت دروستە میراتبەرەکان سوێندیان بدەن ، جا کاتێ خیانەتیان دەرکەوت‌و شاهیدی خاریجیش نەبوو بۆ ئیسباتی راستی ئەوان لەم کاتەدا سوێند ئەکەوێتە لای میراتبەرەکان ؛ چونکی ئەصڵ ئەوەیە حەقی غەیر بەو میراتەوە نەبێ •

★ (يَوْمَ يَجْمَعُ اللهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ : مَاذا اُجِبْتُمْ ؟ قالُوا : لا عِلْمَ لَنا اِنَّكَ اَنْتَ عَلاّمُ الغُيوبِ) (١٠٩) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ! باسی ئەو رۆژە بکە کە خودای تەعالا پێغەمەرەکانی تێدا گردئەکاتەوەو بە جیلوەی خودایەتی خۆی پڕتەو ئەداو پرسیاریان لێ ئەکا : بە چ جۆرە جواب دانەوەیە لە لایەنی ئوممەتەکەتانەوە جوابتان درایەوە ؟ بە جوابدانەوەی قەبووڵو فەرمانوەرگرتن یاخود بە جوابدانەوەی سەرکێشیو نافەرمانی ؟ ئەوانیش لەبەر ئەوە کە یەکەم هەیبەتی خودا داگیری کردوونو زانستی خۆیان لەلادا کووژاوەتەوە ، وە دووەم لەبەر ئەوە کە عیلمو زانستی ئادەمیزاد ئیحاطە نادا بە هەموو کردەوەیەکدا گەورەو بچووك . وە سێهەم لەبەر ئەوە کە هەرچی ئەوان بیزانن هەر لە خوداوە وەریانگرتوەو سەربەخۆ دارای زانست نین جوابیان داوە وتیان : ئەی پەروەردگاری ئێمە ئێمە لەوانە نین لە حوزووری تۆدا زانستی خۆمان دەربڕین ؛ چونکی نسێ لە ئاو بە نیسبەتی دەریای نەبڕاوەوە نیسبەتی نیەو ئێمە ئاگادار نین لە چلۆنی جوابی هەموویان بە ئاگاداریەکی رەساو هەر شتێ ئێمە بیزانین لە زاتی تۆوە دەستمان کەوتوە . بە راستی تۆ هەر تۆی بە رەسایی زانای بە هەموو رازێکی نهێنیو ئێمە قەناعەت ئەکەین بە زانستی خۆت .

جا پاش ئەوە دەفتەری حسێب ئامادە ئەکرێو میزانی بیروباوەڕی هەموو کەسێ لە گەورەو بچووك حازر ئەکرێ ، خودای تەعالا فەرمان ئەدا کە هەموو ئوممەتەکان یەکە یەکە لە شوێنی تایبەتیدا ریز ئەکرێنو پێغەمەری هەر ئوممەتێ لەسەر ئوممەتەکەی ئەکرێ بە موراقیبو لە هەر مادەیەکدا کە بە ناحەق هەرکەس لە هەر ئوممەتێ ئینکاری تاوانێ بکا پێغەمەرەکەی شایەتی لەسەر ئەدا .

وە لەسەر ئەم تەفسیرە مونافات نیە لە بەینی ئەم ئایەتەدا کە نەفی عیلم ئەکا لە پێغەمەرەکان ــ سەلامی خودایان لێ بێ ــ و لە بەینی ئەو ئایەتانە

کە ئیسباتی ئەوە ئەکەن پێغەمەرەکان شـــایەتی ئەدەن لەسەر ئەفرادی ئومسەتەکەیانو پێغەمەری ئێمەیش شایەتی ئەدا لەسەر راستی شایەتـــی باقی پێغەمەرەکان •

★ (اِذْ قالَ اللهُ : یا عِیسی ابْنَ مَرْیَمَ اذْکُرْ نِعْمَتـــي عَلَیْكَ وعَلی والِدَتِكَ اِذْ اَیَّدْتُكَ بِروحِ القُدُسِ تُکَلِّـــمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَکَهْلاً) ★

کە خودا پێغەمەرەکان گردئەکاتەوەو حسێبی ئوممەتەکانیان ئەکـری خودای تەعالا بۆ دەربڕینی پایەو مایەی بەرزی رەهبەران بـازێ گەورەییو شەرەفیان لە ناو کۆمەڵی ئەهلی مەحشەردا دەرئەبڕێ •

(من جملە) خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەی عیسای کوڕی مەریەم ! باسی نیعمەتەکانی من بکە لەسەر خۆتو لەسەر دایکت ، چۆن ئـــەو دایکە مەعصوومە بە حورمەتەی تۆمان گرتە پەنای خۆمـــانو بـــە طاعـــەتو عیبادەتکردن لە بەیتی مەقدیس عیبادەتخانەی خـــۆما لە باوەشی پووری خۆیاو لەبەر چاودێری یەکێ لە رەهبەرانی پایەبەرزا بەخێومان کرد ؟ وە چلۆن بە فەرمانی خۆمان فریشتەی هێمنی خۆمان نارد فووی کرد بە بەرۆکیا هەتا حامیلە بو بە تۆو تۆ کەوتیتە ناو عالەمی جیهانەوەدو لەو کاتەدا کە لە دایـك بووی تۆم تەئییدو تەنویر کرد بە فەیضی (روح القدس) فریشتەی بەرزی بەرێزی بارەگای خۆم جوبرائیلی ئەمینو هێزی وتاری خســـتە نـاو دڵو دەمتەوەو قسەت کرد لەگەڵ دایکی خاوەن پایەتاو دڵت دایەوەو قسەت کرد لەگەڵ بەنیئیسرائیلیەکانا لەو کاتەدا کە لە بێشکەدا بوویو ریسالەتـــی خۆتت دەربڕی بۆیان ، هەروا لە کاتی (کەهل)یدا فەرمانی خودات گەیاند بە ئادەمیزاد وەکو کاتی منداڵیت •

★ (واِذْ عَلَّمْتُـــكَ الْکِتَـــابَ والْحِکْمَـــةَ والتَّـــوریةَ والاِنْجِیلَ) ★

وە باسی ئەو کاتە بکە کە خوێندنەوەی نووسراوی ناو ئادەمیـــزادم نیشان‌دای‌و ئەحوال‌و ئاساری ئەعیانی مەوجوودەم بە ئیلهام‌و خەلقـــــی عیلمی ردبانی تێ‌گەیاندی‌و ئەحکامی تەورات فێربووی‌و ئینجیلم بـــۆ ناردینە خوارەوەو کردە بە دەستوور بۆ خۆت‌و ئومەتەکەت لـــە بابەتی بیرو باوەڕو کردەوەو رەوشتەوە •

★ (وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنْفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْراً بِإِذْنِي) : ★

وە باسی ئەو کاتە بکە کە بە وەحی‌و ئیلهامی من تێسگەیاندی هەیکەل‌و قەوارەت دروست ئەکرد وەکو قەوارەی پەلەوەر بە ئیزن‌و ئیجازەی مـــن جا فووت پێدائەکردو ئەو قەوارە ئەبوو بە پەلەوەرێکی گیانلەبەری راستەقینە بە ئیجازەی من •

★ (وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي) : ★

وە ئەو کاتە کە کوێری سکوماو ئینسانی بەڵەکت خۆش ئەکـــردەوە بە ئیجازەی من •

★ (وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي) : ★

وە ئەو کاتە کە مردووت لە گۆڕ دەرئەکـــردو بـــە ئیجازەی مـــن زیندووت ئەکردەوە •

★ (وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ : إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ) (١١٠)

وە باسی ئەو کاتە بکە کە مەنعی بەنـی‌ئیسرائیلیـــە ســـەرکێشـــە بەدبەختەکانم لێ‌کردیت‌و نەمهێشت بتکوژن لەو کاتەدا کـــە تۆ ئایاتـــی بەیینات‌و بورهان‌و موعجیزاتی خودات نیشان ئەدان کەچی ئەوان لە باتی

ئەوە موسوڵمان بین ئەیانوت : ئەم جۆرە شتانە کە عیسا نیشانی ئێسەی ئەدا جادوویەکی ئاشکرا نەبێ هیچی تر نیە •

★ (واِذْ اَوْحَيْتُ اِلى الْحَوارِيِّينَ اَنْ آمِنوا بِي وبِرَسولِي ، قالُوا : آمَنَّا واشْهَدْ بِاَنَّنَا مُسْلِمونَ) : (١١١) ★

وە باسی ئەو کاتە بکە کە ئیلهامم کرد بۆ دڵی کۆمەڵێ لە ئادەمیزادی خاوەن بیرو راو هۆشیار کە لە ئەنجامدا مەشهوور بوون بە (حواری) یانی (پەیڕەوانی ساغی عیسا) کە ئیمان بێنن بە منو بە فوروستادەی منو یارمەتی دینی خودا بدەنو خزمەتی عیسا بکەن ئەوانیش وتیان ئیمانمان هێنا بە تۆ ئەی خوداو بە پێغەمەری تۆ کە عیسایەو ئەی پەروەردگار تۆ بزانە ، هەرچەن تۆ هەموو شتێ ئەزانی ، کە ئێمە موسوڵمانینو ملکەچو فەرمانبەردارین بۆ تۆو بۆ فوروستادەی تۆ دەی تەوفیقمان بدە بۆ رێگەی راست •

فەرموودەی خودا : (اذ قال الحواريون .. الأيات)

عەمماری کوڕی یاسیر - خ - ریوایەت ئەکات لە پێغەمەرەوە - د - کە فەرموویەتی : کاتێ لەسەر داوای عیسا مائیدەو سفرە هاتە خوارەوە نانو گۆشتی تێدا بو ، ئەمریان پێکرا هیچی لێ هەڵنەگرن بۆ سبەینێ ، کەچی خەیانەتیان کردو لێیان پاشەکەوت کرد ، لە تۆڵەی ئەوەدا خودا قاری لێ گرتنو کردنی بە مەیموونو بەراز •

★ (اِذْ قالَ الحَوارِيُّونَ : يا عِيسى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ اَنْ يُنَزِّلَ عَلَيْنا مائِدَةً مِنَ السَّماءِ ؟ قالَ : اتَّقُوا اللهَ اِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) (١١٢) ★

تۆ ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، باسی ئەوە بکە لە کاتی خۆیا حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا لەسەر ئیقتیراحی قەومی بەنی ئیسرائیل

وتیان : ئایا خودای ته‌عالا که په‌روه‌ردگاری تۆیه‌و له تۆوه ئه‌م هه‌موو کاره‌ساتی موعجیزه ده‌رئه‌که‌وێ .. پێی ئه‌کرێ سوفره‌یێ له ئاسمانه‌وه بنێرێته خواره‌وه بۆ ئێمه که خوارده‌مه‌نی له‌سه‌ر بێ ؟ وه عیسا پێی فه‌رموون : له خودا بترسن‌و داوای شتێ مه‌که‌ن که له ئه‌نجاما ببێ به هۆی ده‌ردی‌سه‌ری بۆتان مادام ئێوه ئیمانتان هه‌یه به‌و خودا که ئێوه‌ی دروست‌کردووه‌و منی دروست‌کردووه‌و ئه‌و موعجیزاته بۆ من ده‌رئه‌خا .

★ (قالُوا نُرِيدُ انْ نَاْكُلَ مِنْها وتَطْمَئِنَّ قُلوبُنا ونَعْلَمَ انْ قَدْ صَدَقْتَنا ونَكونَ عليْها مِنَ الشاهِدِينَ) : (١١٣) ★

ئه‌وانیش وتیان : ئه‌مانه‌وێ له‌و سوفره‌و له‌و خوارده‌مه‌نیه وا به‌سه‌ریه‌وه بخۆین‌و دڵمان دابمه‌زرێ له‌سه‌ر ئه‌وه خودا له‌به‌ر پایه‌ی تۆ نیازی ئێمه به‌جێ دێنێ‌و به زانستێکی بێ گومان بزانین که تۆ راست ئه‌که‌ی له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا له داوای ئه‌وه‌دا که فروستاده‌ی خودای‌و له‌سه‌ر ئه‌و موعجیزه‌ی مائیده‌یشه ببین به شایه‌ت له ناو ئاده‌میزادا .

★ (قَالَ عِيسى ابْنُ مَرْيَمَ : اللَهُمَّ رَبَّنا انْزِلْ علَيْنا مَائِدَةً مِنَ السَّماءِ تَكونُ لَنا عِيداً لأَوَّلِنا وَآخِرِنا وَآيَةً مِنْكَ وارْزُقْنا وانْتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ) : (١١٤) ★

جا عیسای کوڕی مه‌ریه‌م له خودا پاڕایه‌وه‌و فه‌رمووی : خودایه ! په‌روه‌ردگاری ئێمه ! سوفره‌یه‌کمان له ئاسمانه‌وه بۆ بنێره‌و له‌گه‌ڵ خوارده‌مه‌نیه‌کی پاکی چاکی ئاره‌زووکراوی نایابی وه‌ها که ببێ به جه‌ژن‌و شادی بۆ ئێمه هه‌موومان ؛ ئه‌وه‌ڵسان‌و ئاخرمان ، واته ئه‌و رۆژی هاتنه‌خواره‌وه‌ی مائیده‌یه ببێ به رۆژی جه‌ژنێکی ته‌قلیدی له‌ناوماناو ببێ به ده‌لیلێکی رووناکی گه‌وره له لایه‌نی تۆوه بۆ ئێمه ، وه ئه‌و مائیده‌و نیعمه‌ته بێ‌ژماره‌کانی ترت‌و سوپاس له‌سه‌ر ئه‌وانه بکه به رۆزی بۆ ئێمه‌و دیاره که تۆ باشترینی رۆزی ده‌ره‌کانی .

★ (قَالَ اللهُ : اِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَنْ يَكْفُرْ بَعْدُ مِنْكُمْ فَاِنِّي اُعَذِّبُهُ عَذَاباً لا اُعَذِّبُهُ اَحَداً مِنَ العَالَمِينَ) : (١١٥) ★

خودای تەعالا فەرمووی : ئەی عیسا بە راستی من تکای تۆ وەرئەگرم‌و دۆعاکەت قەبوون ئەکەم‌و ئەو مائیدە ئەنێرمە خوارەوە بۆتان ، بەڵام هەرکەسێ لە ئێوە کوفری خودا بکا پاش ئیستیفادە لەو سوفرەیە عەزابی ئەدەم بە عەزابێ کە عەزابی کەس وا نەدەم ، ئەو عەزابە لە دنیادا بێ یا لە قیامەتا •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم حەوارییانی حەزرەتی عیسا ـ د ـ بازێ ئەڵێن پێغەمەر بوون‌و خودا ئەمری پێ‌کردوون تابیعی حەزرەتی عیسا بین ، بە گوێرەی ئەم قسە ئایەتی (واذ اوحیت الی الحواریین) لەسەر مەعنای مەشهوورە بۆ وەحی • وە بازێ ئەڵێن پێغەمەر نەبوون وە بە گوێرەی ئەم قسە (اوحیت) بە مانا (الهمت) ئەبێ ، وەکو (واوحینا الی ام موسی)و(واوحی ربك الی النحل) • وە ئەم قسە راستە •

دووەم : ئەمەیە ئەم حەوارییانە چ پێغەمەر بووبن‌و چ لە پیاوچاکانی ئوممەت بووبن ئەم داواو رجایانە لە حەزرەتی عیسا بە عیبارەتی : (هل یستطیع ربك) موناسب نیە ؛ چونکی شك‌و گومان لە ئیستیطاعەی خوادا لەسەر مومکینات کوفرە • هەروا جوملەی (ان کنتم مؤمنین) لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێ پێغەمەر یا پیاوچاك بووبن • هەروا ئایەتی (فمن یکفر بعد منکم) چونکی بە گوێرەی ئەوە کە حەوارییەکان پێغەمەر بووبن تەصەووڕ ناکرێ کە کافر بین • وە جوابەکان بەم جۆرەن کە دێن •

یەکەم : سوئاڵ بە (هل یستطیع) لەسەر مەعنای حەقیقی نیە بەڵکو لەسەر مەعنای مەجازییەو لە جێگەی ئەوەدایە (هل یطمن ربك قلوبنا بان ینزل علینا مائدة من السماء ؟) چونکی ئەم سوئالە داوای ئیطمینانی دڵەو بەس .

دووەم : (یستطیع) بە مانا (یفعل) بەکارهێنراوە نەك بە مەعنای (یقتدر) وە شك لە توانایی خودادا کوفرە نەك شك لە کردنی کارێ لە کاران .

سێیەم : لە (استطاعە)یە بە مەعنای موناسبی حیکمەتی خودایی لە ناردنی مائیدەکەدا نەك لە ئەسڵی ناردنەکەیدا ؛ واتە : ئایا موافیقی حیکمەتی خۆیەتی ئەو مائیدەمانە بۆ نازڵ بکات یا نە ؟

چوارەم : (یستطیع) وا لەسەر مەعنای (یستحب) کە بەرانبەری (یستکرە) بەکارئەبرێ ؛ واتە (هل یحب ربك ان ینزل علینا مائدة ؟).

پێنجەم : ئەم پرسیاری حەوارییانە لە لایەنی خۆیانەوە نەبوە بەڵکو لە لایەنی کۆمەڵێ بوە لە بەنیئیسرائیل کە دواوایان لە حەوارییەکان کردوە ئەم موعجیزەیانە پێ نیشان بدا . وە عیبارەتی (هل یستطیع)و (ان کنتم مؤمنین)و (فمن یکفر بعد منکم) بۆ ئەوانە بەکارهێنراون نەك بۆ حەوارییەکان خوا پێغەمەر بوون یا پیاوچاك .

فەرموودەی خودا (واذْ قالَ اللهُ یا عیسی ابْنَ مَرْیَمَ) لە مەعنادا بەسراوە بە ئایەتی (اذ قال الله یا عیسی ابن مریم اذکر نعمتي ... الآیة) کە لە پێشەوە قسەمان لێ کرد واتە باسی ئەوە بکە کە لە رۆژی قیامەتا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەی عیسای کوڕی مەریەم .

☆ (ءَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللهِ ؟!) : ☆

ئایا تۆ وتووتە بە خەڵك کە ئێوە منو دایکم قەرار بدەن بە دوو

خوداو بمانپەرستن وەکو دوو خودا بێجگە لە خودا هەتا خـودا ببێ بـسـە سیان ؟!

★ (قال : سُبْحانَكَ مَا يَكونُ لِي اَنْ اَقولَ ما لَيْسَ لِي بِحَقٍّ) : ★

ئەی پەروەردگاری عالەم بە تەسبیحو تەقدیسەوە تۆ دوورئەخەینەوە لەوە کە شەریكو هاوڕێت ببێ ، وە بۆ من رەوا نیەو نابێ کە شتێکی وا بڵێمو وتنی بۆ من دروست نەبێو ئەو شتە خیلافی حەقو واقیع بێ •

★ (اِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ ما فِي نفْسِـي ولا اَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ) : ★

ئەگەر شتی وام وتبێ بە راستی تۆ ئەیزانی دیارە کە نەموتـوە ، وە ئەگەر ئەو مەبەستە لە دڵیشما بوو بێ تۆ پێی ئەزانی ، چونکی ئەزانی بەوەی وا لە دڵی مندا بەڵام من ئاگام لەوە نیە وا لە عیلمی تۆدا •

★ (اِنَّكَ اَنْتَ عَلاَّمُ الغُيوبِ) : (١١٦) ★

بە راستی تۆ زانای هەموو شتێکی نهێنیو ئەسراری دەروونی •

★ (ما قُلْتُ لَهُمْ اِلاَّ ما اَمَرْتَنِي بِهِ : اَنِ اعْبُـدوا اللهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ) ★

من پێم‌نەوتوون ئەوە نەبێ کە تۆ ئەمرت کردوە بڵێم پێیان ، ئەوەیش ئەمەیە کە عیبادەتو بەندەیی خودا بکەن کە پەروەردگاری ئێمەو ئێوەیە •

★ (وكُنْتُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً ما دُمْتُ فِيهِمْ) ★

وە من ئاگادار بووم لە سەریان هەتا لەناویانا بوومو نـەمهێشـتوە پەیڕەوەکانم قسەی هەڵە بکەن •

★ (فلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنْتَ اَنْتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ) : ★

وە لە کاتێکیشەوە کە تۆ منت وەرگرت بۆ شوێنی خۆم تۆ هەر بە تەنیا خۆت رەقیبو ئاگادار بووی لەسەریان •

★ (وأَنْتَ على كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (١١٧) ★

وە تۆ بەسەر هەموو شتێکدا ، بێ گیانو گیانلەبەر غەیرە موکەللەفو موکەللەف ، شاهیدو زانای رازو نیازو خاوەنی دەستەڵاتی •

★ (إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبادُكَ وإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعزِيزُ الْحَكِيمُ) : (١١٨) ★

جا بەرابەر بە تاوانباری ئەوان ئەگەر عەزابیان بدەی بە راستی رەوایە بۆ تۆ ؛ چونکی ئەوان بەندەو دروستکراوی تۆنو تۆ پەروەردگارو گەورەی گشتی ، ئەتوانی هەموو جۆرە شادیو ناشادییەك بێنی بەسەر پەروەردەکراوی خۆتا . وە ئەگەر تۆ تاوانیان بپۆشی بە راستی تۆ خاوەن دەستەڵاتو خاوەن حیکمەتی لە هەموو کارێکدا لە دوو جیهانا لە ئاشکراو پەنهانا •

★ (قالَ اللهُ) ★

جا لەو کاتەدا کە ئەم پرسیارو جوابە لە بەینی خودای تەعالاو لە بەینی حەزرەتی عیسادا روو ئەدا خودا ئەفەرموێت :

★ (هـذا يَوْمُ يَنْفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ خَالِدِينَ فِيها أَبَداً) : ★

ئەم رۆژە رۆژێکە کە سوود ئەدا بە راستکارانو راستگۆیان راستیەکەیانو بۆ ئەوان هەیە چەن بەهەشتێك کە جۆبار لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان ئەبنو هەتا هەتایە دەوام ئەکەن لە ناویانا •

★ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ ورَضُوا عَنْهُ) : ★

خودای تەعالا رازیە لەوانو ئەوانیش لە خودا رازین •

★ (ذٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) (١١٩) ★

ئەم پایە ئەوان پێیگەیشتوون پایەیەکی زۆر بەرزەو گەیشتن بەم پایە گەیشتنە بە پایەیەکی زۆر گەورە •

★ (لِلّٰهِ مُلْكُ السَّمٰواتِ والْأَرْضِ وما فِيهِنَّ وهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) : (١٢٠) ★

جا خودای تەعالا بۆ دەربڕینی گەورەیی خۆیو بۆ ئیعلانی ئەوە کە هەموو ڕەهبەرانو ئەفسەرانی جیهان هەموو وان لەبەر بارەگای تەوانایی تەواو بە هیچ جۆرێ هیچ کەس رایەی ئەوەی ناکەوێ پەیوەندی ببێ بە جیهانەوە بە بەندەیی خودا نەبێ . وە بۆ دەربڕینی فەسادی عەقیدەو بیرو باوەڕی نەصارا لە داوای خودایی یا تێکەڵی لەگەڵ خوادا بۆ عیسای کوڕی مەریەمو بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم جۆرە قسانە فەرمووی : هەر بۆ خودایە سەرۆکیو پادشایی لە سەر هەموو ئاسمانەکانو عەرزو هەر شتێ وا لە ناو ئەوانا ، واتە قەراری گرتوە لەسەریان یا لە ناوەرۆکیانا ، وە خودای تەعالا بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایەو جیهان هەمووی لە دەستی توانایی ئەودایە •

سورة الانعام

مكية وهي مائة وخمس وستون آية

ئیبن‌و عەباس ـ خ ـ فەرموویەتی : ئەم سوورەتە هەمووی (مەکی)یە شەش ئایەت نەبێ ، ئایەتی (قل تعالوا اتل ما حرم ربكم عليكم) تا ئاخری سێ ئابەت‌و ئایەتی (وما قدروا الله حق قدره)و ئایەتی (ومن اظلم ممن افترى على الله كذبا) •

وە ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکـــەوە ـخـ کە حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : هیچ سوورەتێ نەهاتوەتە خوارەوە بۆ سەرم بە جارێ لەم سوورەتە گەورانە سوورەتی (انعام) نـــەبێ ، وە خودای تەعالا ئەم سوورەتەی بۆ ناردم لەگەڵ جوبرەئیلدا لەگەڵ پەنجـــا مەلائیکەدا بە شادی‌و شەوق هەتا لە دلما ئارامی گرت‌و باش لەبەرم کرد •

وە خودای تەعالا عیززەتی دا بە من بە هۆی ئەم سوورەتەوە بـــە عیززەتێکی وەها کە زەلیلی‌و داماوی بە دوایا نەهات ، بەم سوورەتە فسەی کافرە موشریکەکان بە تەواوی بەتاڵ‌کرایەوەو ئەم سوورەتە دارای دەلائیلی تەوحیدو عەدل‌و نوبوەت‌و مەعادەو مەزهەبی ئەوانە بەتاڵ ئەکاتـــەوە کە لە لایان وایە جیهان بێ خاوەنەو ئەوانە کە هیچ دین‌و ئایینێکیان نیەو گەلێ ئەحکامی خودا لەم سوورەتەدا هەیە •

بسم الله الرحمن الرحيم

★ (الحَمْدُ لِلهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمواتِ وَالأَرْضَ) : ★

هەرچی سەناو ستایشە بۆ زاتی پەروەردگاری وایە کە ئاسمانەکانـی لە نەبوون دروستکردوەو عەرزی دروستکردوە •

★ (وَجَعَلَ الظُّلُماتِ وَالنُّورَ) : ★

وە خەلقی تاریکیو رووناکی کردوە ، تاریکی شەو بـــۆ ئارامــــیو ئاسایش‌کردنو رووناکی رۆژ بۆ رۆزی پەیداکردنو کەسبی زانســـتو پیشەسازیو بۆ ئەوە کە گیانلەبەرێکی بە قیمەتی وەکو ئادەمیزاد خــودای خۆیان بناسنو ژیوار بکەنو خاكو نیشتمانی خۆیان بپارێزن • وە یا تاریکی گومڕاهی دروستکردوەو رووناکی ئیمانو بیروباوەڕیشی دروستکردوە •

★ (ثُمَّ الذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلونَ) : (١) ★

کەچی لە پاش ئەم هەموو ئاثارە گەورە کە دەلیلن لەسەر خـــوداو لەسەر سیفاتی خودا •• ئەو کەسانە کە کافرنو کوفری خودای خــۆیان ئەکەن لە فەرمانی خودا لائەدەن وە یا بتو دارو بەردی تاشراو یا ئاگری هەلکراو لەگەڵ خوادا وەك یەك تەماشا ئەکەنو لەم رێگە راستە لائەدەن بۆ ئەو رێگە لارە نابارە •

★ (هوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنَ طِينٍ ثُمَّ قَضى اجَلاً واَجَلٌ مُسَمّىً عِنْدَهُ ثُمَّ انْتُمْ تَمْتَرونَ) : (٢) ★

ئەو خودا خودایەکی ئەوەندە زاناو تەوانایە هەموو ئێــوەی لـــە گڵ دروسنکردوە ، جا یا بە ئیعتیباری بابەگەورە کە ئادەمـــە ـ د ـ یا بــە ئیعتیباری ئەوە کــە مادەی ئاوی پیاوەتی پیاوو ئاوی ئارەزووی ژن لــە خواردەمەنیەوە پەیدا ئەبن کە ئەویش لە مادەی گڵ پەیدا ئەبێ • وە لـــە پاش ئەمە بزانن کە خودا کاتێکی تایبەتی بڕیار داوە بۆ مردنتان کــە بــە ثانیە لەوە زیادو کــەم ناکــاو بــە عیلمی ئــەوا رابوردوە کــە تۆ ناســاغ ئەکــەویو زوو ئــەڕۆی بۆ لای دوکتــۆرێکی فامیــدە دەرمــانی ئــەو ناسەغیە وەرئەگری ، یا لە رێگەی خودا حەیوانێ سەرئەبڕیو بەش‌بەشــی ئەکەیتەوە بەسەر هەژاراناو ئەبێ بە هۆی رزگار بوونت ، وە یا خـــود لە عیلمی ئەوا رابوردوە کە فلان ئینسانێکی بێ‌موبالاتەو لە کاتی ناساغیدا

ناڕوا بۆ لای دوکتۆر وە یاخود خێرات ناکاو داوای دۆعاو پاڕانەوە لە ئینسانێکی نیەت پاكو کردەوە چاك ناکاو گیانی دەرئەچێ •

ئەلحاصڵ ئەو فەرموودەی خودایە کە ئەفەرموێ (وما یعمر من معمر وما ینقص من عمره الا في کتاب)وە ئەوەی کە ئەفەرموێت (یمحو الله ما یشاء ویثبت وعنده ام الکتاب)وە ئەو فەرموودانەی حەزرەت کە ئەڵێت سیلەی رەحمو صەدەقەو دۆعا دەفعی دەردو بەڵا ئەکەنو عومریان پێ درێژ ئەبێ ئەوەندە زۆرن تەئویل‌کردنیانو هەڵسووڕاندنیان لە مەعنای خۆیان دوورە لە راستی •

کەوابێ راستەکەی ئەوەیە ئەو ئەجەلە کە خودا قەراری داوە بۆ هەر گیانلەبەرێ مانیع نیە لەوە کە بەسرابێ بە تەماشای ئەسبابی صیحەتو سەلامەتیەوە وە یا بە ئیهمالکردنی ئەوانەوە • کەوابێ ئەجەل یەکێکەو کەمو زیاد ناکا بەڵام ئەو یەك ئەجەلە دێتەجێ لەسەر بەجێ‌هێنانی ئەسبابی تەندروستی وە یا تەرككردنی ئەوانە • وە خودا ئەفەرموێت وادەیەکی تریش بڕیار دراوە لە لای خوداوە بۆ زیندووکردنەوەی مردوەکانو راپەڕاندنیان بۆ سارای حیسابو کیتابو کێشانەی کردەوەو سەرپەرشتی ئەوانە کە ئەنجامی پیرۆزو بەختیاری ، وە یا بەدبەختیو بەدئەنجامی ــ پەنا بە خودا ــ لەو مەیدانەدا دەرئەکەوێ •

جا خودا ئەفەرموێت لەگەڵ ئەم بڕیاردانی ئەنجامی ئینسانەو لەگەڵ دیاریکردنی ئاکامی لە پاش دروستکردنی لە گڵ ئەم ئادەمیزادە ئەوەندە بەدبەختن وەکو ئێوە ئەژین کە ئیستە لە وجوودی خوداو لە دروستکردنی ئادەمیزاداو لە بڕیاردان بۆ وادەی مەرگو پاشەڕۆژا گومانبازی ئەکەنو دان نانێن بە راستیداو لە یاسای راستی دەرئەچن •

★ (وهُوَ اللهُ فِي السَّموات وفي الأَرْضِ) ★

هەر خودا بۆ گەورەییو مەعبوودی ئەشێو بۆ ئەوە ئەشێ کە بە (واجب الوجود) بزانرێ لە هەموو ئاسمانەکاناو لە عەرزا •

★ (يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وجَهْرَكُمْ ويَعْلَمُ ما تَكْسِبُونَ) (٣) ★

ئەزانێ بە ڕازی پەنهانی ئێوەو بە کاری ئاشکرای جیهانیتانو ئەزانێ بەو شتانە کە ئێوە ئەیانکەن •

★ (ومَا تَأْتِيهِمْ مِنْ آيَةٍ مِنْ آياتِ رَبِّهِمْ اِلاَّ كَانُوا عَنْها مُعْرِضِينَ) (٤)★

نایێ بۆ لای ئەو کافرانە ئایەتێو دەلیلێ لەو ئایەتانەو لەو نیشانانە کە ئیسباتی بوونی خوداو ڕاستی پێغەمەرێتی پێغەمەر بکا بە هیچ حاڵێ لە ئەحوالْ ئیللا ئەوان پشتی تێئەکەنو گوێی پێنادەن •

★ (فَقَدْ كَذَّبوا بِالْحَقِّ لَمَّا جاءَ هُمْ) ★

ئەوەتە بە ڕاستی بێباوەڕی خۆیانیان دەربڕی بەم ئایەتە ڕاستە کە قورئانە کاتێ کە نازڵکرا بۆیان •

★ (فسَوْفَ يَأْتِيهِمْ اَنْباؤُا ما كانُوا بِهِ يَسْتَهزِؤُنَ) (٥) ★

جا چاوەڕوانی بکەن لەمەولا ئەخبارو هەواڵی سەرکەوتنی ئەم شتەیان بۆ دێ کە ئەوان گاڵتەیان پێئەکردو بێباوەڕییان نیشان ئەدا لە بەرانبەریەوە •

★ (اَلَمْ يَرَوْا كَمْ اَهْلَكْنا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ مَكَّنَّاهُمْ فِي الاَرْضِ ما لَمْ نُمَكِّنْ لَكُمْ) : ★

ئابا نەیانزانیوە کە ئەهلی چەن قەرنمان فەوتاندوە پێش ئەوان لەوانە کە داممان مەزراندوون لە پایەیەکدا ئێوەمان لەو پایەدا دانەمەزراندوە •

★ (واَرْسَلْنا السَّماءَ عَلَيْهِمْ مِدْراراً وجَعَلْنَا الاَنْهارَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمْ ؟) ★

وە ئاسمانمان مەرەخەس کردوە بۆ سەریان بە بارانڕێژی بە هێزو تەوژم ، وە جۆبارمان لە ژێر ماڵەکانیانەوە ڕەوان کرد ؟

★ (فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ) ★

جا ئەو قەومانەمان فەوتاند بە هۆی تاوانەکانیانەوە •

★ (وَأَنْشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْناً آخَرِينَ) : (٦) ★

وە دروستمان کردو دامانمەزراند لە پاش ئەوان چەن قەرنێکی تــرو چەن خەودن قەرنێکی تر •

★ (وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَاباً فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ) ★

وە ئەگەر ئێمە نووسراوێکمان لە ناو کاغەزێکدا بناردایەتە خــوارەوە بۆ سەریانو بیانگرتایە بە دەستیانەوە •

★ (لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ) (٧)★

ئەیانوت ئەو کەسانە کە کافرن : ئەم نامەیە هیچ نیە جادوویەکــــی ئاشکرا نەبێ •

بازێ لە زاناکان فەرموویانە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی بــازێ لە ئەهلی مەکە کە هاتن بۆ لای حەزرەتو پێیــان وت : ئێمــــە ئیمانـــت پێ ناهێنینو باوەڕت پێ ناکەین هەتا نامەیەکمان بۆ نەیەنی لە لای خوداوەو چوار فریشتەی لەگەڵدا بێ شەهادەت بدەن کە ئەم نامە لە لایەنی خوداوە هاتوەتە خوارەوە !

★ (وَقَالُوا : لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ !) ★

وە ئەو کافرانە ئەیانوت : ئەوە بۆچی نەنێرراوە بۆ سەری فریشتەیێ لە فریشتەکانی خودا تا هەموومان بیانبینینو بزانین کە لە لای خوداوە هەبوونەتە خواردوە !

★ (وَلَوْ أَنْزَلْنَا مَلَكاً لَقُضِيَ الْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنْظَرُونَ) : (٨) ★

ئەگەر فریشتەمان بناردایەتە خوارەوە ئیش تەواو ئەبــووو ئیتــر مۆڵەت نەئەدران ، واتە ئەو کەسانە کە غەزەبی خودایان دێتە سەر ـ پەنـا

بە خودا ـ چارەی راکردنو خۆرزگارکردنیان نامێنێ •

★ (ولَوْ جَعَلْناهُ مَلَكاً لَجَعَلْنَاهُ رَجُلاً وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَا يَلْبِسُونَ) (٩) ★

وە ئەگەر هەر نەفسی پێغەمەرەکەمان بکردایە بە مەلائیکەو مەلائیکەمان رەوانە بکردایە ئەبو ئەو پێغەمەرەیش لە شێوەی پیاوو ئادەمیزادا بوایە ؛ وە کە چوویشە شێوەی ئادەمیزادەوە ئەوەی بە سەر ئادەمیزادا دێتو بۆ ئەو دەوترێت بۆ ئەو پێغەمەرە مەلەکەیش دەوترا •

★ (ولَقَدِ اسْتُهْزِيءَ بِرُسُلٍ مِنْ قَبْلِكَ فَحاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُمْ مَا كانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) : (١٠) ★

واتە بە راستی گاڵتە کرا بە گەلێ رەهبەران لە پێش زەمانی تۆداو لە ئەنجاما دەوری ئەو گاڵتەکەرانەی دا لە جەزای گاڵتەکردنەکەیانا •

★ (قُلْ : سِيرُوا فِي الأَرْضِ ثُمَّ انظُرُوا كَيْفَ كانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ !) (١١) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : بڕۆن بگەڕێن بە عەرزاو لە پاشان تەماشای نیشانەو شوێنەواری ئەو گەلە پێشووانە بکەنو لێیان وردبینەوەو بزانن چلۆن بو ئەنجامی ئەو قەومانە کە باوەڕیان نەدەکرد بە پێغەمەران ؟

★ (قُلْ : لِمَنْ ما في السَّموات والأَرْضِ ؟ قُلْ : لِلّهِ) : ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پرسیار بکە لەو کافرە بێسەروبەرانە : کە هەرچی وا لە ئاسمانو عەرزا موڵکی کێیەو بۆ کێیە ؟ وە لەبەر ئەوە کە وەڵامی راست لە لای خۆتە بڵێ : ئاسمانو زەویو هەرچی وا لە ناویانا هەر بۆ خودایە •

★ (كَتَبَ عَلى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ) : ★

ئەو خودایە ئەو خودایە کە میهرەبانی کردنی لەگەڵ پەروەردەکراوی خۆیا بڕیار داوە لەسەر خۆی •

★ (لَيَجْمَعَنَّكُمْ اِلى يَوْمِ اْلقِيامَةِ) : ★

سوێند ئەخۆم کە هەمووتان گرد ئەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتا •

★ (لا رَيْبَ فِيهِ) : ★

وە گومان نیە لەو گردکردنەوەدا •

★ (الَّذِينَ خَسِروا اَنْفُسَهُمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنونَ) : (١٢) ★

وە ئەو کەسانە کە نەفسی خۆیانیان لە کیس چوە ئەوانە ئیمان ناهێنن • دیارە کە خودا ئینسانی بۆ ئەوە دروست کردوەو عەقڵی پێداوە کە عەقڵەکەی لە هۆی سەعادەتو بەختیاری هەردوو جیهانا سەرف بکات . جا مادام وای نەکرد ئەوە مەعنای وایە کە خۆی زایە کردوەو قیمەتی خۆی فەوتاندوە •

★ (ولَهُ ما سَكَنَ فِي اللَّيْلِ والنَّهارِ وهُوَ السَّميعُ اْلعَليمُ) : (١٣) ★

وە بۆ خودایە بە موڵكو تەسەڕوفو بە ئیجادو دروستكردن هەرچی ئارام بێ وە یا بجوولێ لە شەوو ڕۆژاو خودا بیسەرەو زانایە بۆ هەموو دەنگو ئاوازەیێو بۆ هەموو شتێکی پەنامەکی •

★ (قل : اَغَيْرَ اللهِ اَتَّخِذُ وَلِيّاً ؟! فاطِرِ السَّمواتِ والاَرْضِ وهو يُطْعِمُ ولاَ يُطْعَمُ) : ★

بۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ : ئایا من غەیری خودا دۆستو یارمەتیدەرێ بۆ خۆم بڕیار ئەدەمو ئەو خودا خالیقو پەروەردگاری ئاسمانەکانو عەرزەو ئەو خواردەمەنیو رزقو ڕۆزی ئەدا بە هەموو گیانلەبەرێو خواردەمەنی دەرخواردی ئەو نادرێ ؟

★ (قُلْ : اِنّي اُمِرْتُ اَنْ اَكونَ اَوَّلَ مَن اَسْلَمَ . ولا تَكونَنَّ مِنَ اْلمُشْرِكينَ) (١٤) ★

تۆ بڵێ : به راستی من ئەمرم پێکراوه که یەکەم کەسێ بم کـه موسوڵمان ئەبێو ئەمریان پێکردووم‌و فەرموویانه هەرگیز لـه کافـره موشریکەکان نەبم .

★ (قُلْ : اِنِّي اَخافُ اِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ) (١٥) ★

تۆ بڵێ : بـه راستی من ئەترسم لـه سزای رۆژێکی گەورە ئەگـەر نافەرمانی خودای خۆم بکەم .

★ (مَنْ يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ) : ★

هەرکەسێ ئەو سزایه لێ لابدرێ لەو رۆژەدا ئەوە به راستی خـودا رەحمی پێکردوه .

★ (وذلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ) : (١٦) ★

وه رزگاربوون لەو رۆژه گەیشتنێکی دیارییه به دڵخواز .

★ (وَاِنْ يَمْسَسْكَ اللهُ بِضُرٍّ فَلا كَاشِفَ لَـهُ اِلاَّ هُوَ) : ★

وه ئەگەر خودا بتگرێ به زیانێ وەکو نەخۆشین‌و گەدایـی ئـەوه کەس ناتوانێ دووری بخاتەوه لێت ئەو نەبێ .

★ (وَاِنْ يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) : (١٧) ★

وه ئەگەر به خێرو پیرۆزی‌و رزق‌و رۆزیش بتگرێ ئەوه حەقـی خۆیەتی ، چونکی خودا تەوانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیه .

★ (وهو القاهِرُ فَوْقَ عِبادِهِ وهو الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ) : (١٨)★

وه خودای تەعالا ئەو خودایه که زاڵه بەسەر بەندەکانی خۆیـاو ئەوە خاوەن حیکمەت‌و خەبەردارەو ئاگاداره له کردەوەیان .

★ (قُلْ : اَيُّ شَيْءٍ اَكْبَرُ شَهادَةً ؟ قُلِ : اللهُ شَهِيدٌ بَيْني وبَيْنَكُمْ) : ★

تۆ بڵێ : کام شتە کە گەورەترە لە هەموو کەسێ لە هۆی شایەتی‌دان بە رازی جیهان ؟ وە تۆ خۆت لە بەر ئەوە کە کەس نیە بە راستی بیڵێت تۆ بڵێ : خودای تەعالا شاهیدە لە بەینی ئێمەو ئێوەدا •

★ (واوحِيَ اِليَّ هذا القُرآنُ لاُنْذِرَكُمْ بِهِ ومَنْ بَلَغَ) ★

وە ئەم قورئانە بە هۆی وەحیەوە گەییشتوە بە من بۆ ئەوە کە ئێوەو هەرکەسێ ئەم قورئانەی پێ بگا بیترسێنم بە عەزابی خودا ئەگەر موخالەفەو ملکێشی بکات •

★ (اَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدونَ اَنَّ مَعَ اللهِ آلِهَةً اُخْرى ؟!) ★

ئایا بە راستی ئێوە شایەتی ئەدەن کە چەن خودایەکی تر هەن لەگەڵ خوادا ؟ !

★ (قُلْ : لا اَشْهَدُ) ★

جا تۆ بڵێ : ئەگەر ئێوە شەهادەت ئەدەن بەو شتە ناحەقە من شایەتی نادەم •

★ (قُلْ : اِنَّما هُوَ اِلهٌ واحِدٌ واِنَّني بَرِيءٌ مِمّا تُشْرِكونَ) (١٩) ★

تۆ بڵێ : ئەو خودایە کە ئێمە ئەیپەرستین خودایەکی تاق‌و تەنیایەو بە راستی من دوورم لەو خودایانە کە ئێوە ئەیانکەن بە شەریکی خودا •

★ (الذينَ آتَيْناهُمُ الْكِتابَ يَعْرِفونَهُ كَما يَعرِفونَ اَبْناءَهُمْ) ★

ئەو کەسانەیش کە ئێمە کیتابمان پێــداون وەکــو جوولەکــەو گاورەکان محەمەد ئەناسن وەکو چۆن کوڕی خۆیان ئەناسن بە شــێوەو شانو نیشانەدا •

★ (الّذينَ خَسِروا اَنْفُسَهُمْ فَهُمْ لاَ يُؤمِنونَ) : (٢٠) ★
ئەو کەسانە کە نەفسی خۆیان زایەکردوە بە راستی ئیمان ناهێنن •

★ (ومَنْ اَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَي عَلَى اللهِ كَذِباً) : ★
کێیە ئەو کەسە زاڵمترو ستەمگارتر بێ لەو کەسەی کە درۆ بە دەمی خواوە هەڵبەستێ •

★ (اَوْ كَذَّبَ بِآياتِهِ ؟) : ★
یان بێت بێباوەڕی دەربڕێ بەرابەر بە ئایاتی خودا ؟

★ (اِنَّهُ لا يُفْلِحُ الظّالِمونَ) (٢١) ★
بە راستی ستەمگاران رزگار نابن •

★ (ويَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً ثُــمَّ نَقُــولُ لِلَّــذينَ اَشْرَكُــوا : اَيْــنَ شُرَكَــاؤُكُمُ الَّــذينَ كُنْتُــمْ تَزْعُمونَ ؟) : (٢٢) ★

ئەی خۆشەویست باسی ئەو رۆژە بکە کە هەموو موســوڵمــانو موشریکەکانی تیادا گردئەکەمەوە جا ئەڵێم بەوانە کە شەریکیان بۆ مــن قەرار داوە : وان لە کوێ ئەو شەریکانە کە ئێوە باوەڕتان وابــو کــە ئەوان شەریکی منن ؟

★ (ثُمَّ لَمْ تَكُنْ فِتْنَتُهُمْ اِلاّ اَنْ قالُوا : وَاللهِ رَبِّنا مَ كُنَّا مُشْرِكِينَ) : (٢٣) ★
لە پاشا ئەنجامی کوفرەکەیان هاتە ســـەر ئەوە کــە بــە درۆ سوێندیان ئەخوارد کە شەریکیان قەرار نەداوە بۆ خودا •

★ (اُنْظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا عَلَى اَنْفُسِهِمْ وضَلَّ عَنْهُمْ ما كانُوا يَفْتَرونَ !) (٢٤) ★

جا بڕوانە بۆیان چۆن درۆیان کرد لەسەر خۆیانو سوێندیان خوارد کە شەریکیان قەرار نەداوە بۆ خوداو هەر شەریکێ کە بە درۆ دایاننابوون بۆ خودا هەموویان لە قیامەتا بە زایە چوون •

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يَسْتَمِعُ اِلَيْكَ) : ★

وە لە کافرە موشریکەکانە کەسانێ کە لە کاتی قورئانخوێندنـا گوێت لێ ئەگرن وەکو (ولید)و (نضر)و (عتبة)و (شیبة)و (ابو جهل)و هاووێنەی ئەوان •••

★ (وجَعَلْنا عَلى قُلوبِهِمْ اَكِنَّةً اَنْ يَفْقَهوهُ وفِي آذانِهِمْ وَقْراً) : ★

وە لەبەر بەدفکریو بەدئەندیشەیی ئەوان نامانە سەر دڵیان پەردەیەکی وا کە بو بە مانیع لە حاڵیبوونیانو تێگەیشتنیان لە مەعنای قورئانەکەو خستمانە ناو گوێیانەوە بارێکی قورسی وەها کە مانیع بێ لە بیستنیان بۆ ئەو قورئانە بە سافیو ڕەوانی •

★ (واِنْ يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لا يُؤْمِنوا بِها) : ★

وە نەك تەنیا ئەم قورئانە بەڵکو ئەگەر هەرچی ئایاتو نیشانەی ڕاستی تۆ هەیە هەموویان چاوپێبکەوێ هێشتا هەر ئیمانی پێ ناهێنن •

★ (حتىَ اِذا جاؤُكَ يُجادِلونَكَ يَقولُ الَّذينَ كَفَروا : اِنْ هذا اِلاّ اَساطيرُ الاَوَّلينَ) : (٢٥) ★

وەها کوفر لە دڵیانا خۆی گرتوە کاتێ کە دێن بۆ لای تۆ موجادەلەت لەگەڵدا ئەکەنو ئەوانەی کە کافرن ئەڵێن : ئەم قورئانە کە تۆ ئەیخوێنیتەوە هەر حیکایاتی ئەفسانەو هەڵبەستراوی کۆنەکانە •

ریوایەت‌کراوە : کۆمەڵێ لە کافرەکانی مەکە وەکو ئەوانەی کە ناومان نووسین کانێ کە حەزرەت قورئانی ئەخوێند گوێیان لێ ئەگرت ، جـا پرسیاریان کرد لە (نضر) : ئەم شەخصە چی ئەڵێ ؟ ئـەویشـس وتـی : قەسەم بەو کەسە ئەم کەعبەی دروستکردوە من نازانـم چـی ئەڵـێ ، ئەوەندە هەیە زمانی ئەجوولێنێتەوەو ئەفسانەی پێشینان ئەخوێنێتەوە وەکو چۆن من حیکایەتی پێشیناتنان بۆ ئەگێڕمەوە ، لەوێدا ئەبو سوفیان وتی : حاشا وەکەللا •

فەرموودەی خودا : (وهم ينهون عنه ... الآية)

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە ـ خ ـ ئەم ئایەتە نازڵ بوە لـە مامۆکانی پێغەمەرا ـ د ـ ئەمانە لە ناو کۆمەڵا لە هەموو کەسـس زیاتـر کۆمەکییان ئەکردو لەگەڵ ئەمەیشا خۆیان دوور ئەخستەوە لە دینەکەی‌و باوەڕپێکردنی •

وە بازێ وتوویانە : نازڵ بوە لە کافرەکانی مەکەدا ؛ بـە زاهیـر مەنعی خەڵکیان ئەکرد لە ئازاردانی موسوڵمانـەکانو خۆیشـیان دوور ئەکەوتنەوە لە ئیمانهێنان • جا خودا فەرمووی :

★ (وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْئَوْنَ عَنْهُ) ★

ئەو کافرانە مەنعی خەڵك ئەکەن لە ئازاردانی حـەزرەت ـ د ـ و لەگەڵ ئەوەدا دووریش ئەکەونەوە لێی • یاخود ئەوان مەنعـی خەڵـك ئەکەن لە دەربڕینی بێباوەڕی بە قورئان وەکو ئەبو سوفیان کە مەنعـی ئەو ڕەفیقانەی ئەکرد لە نیسبەتدانی هەڵە لە قورئان ، لەگەڵ ئەوەیشـدا خۆیشی نەئەکەوتە شوێنی •

★ (وَإِنْ يُهْلِكُونَ إِلاَّ أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ) : (٢٦) ★

وە ئەم کافرانە بەم حاڵە ناشیرینە هەر خۆیان خەسارەتمەند ئەکەن‌و بە خۆیان نازانن‌و شوعووریان ناشکێ بەوە کە ئەم حاڵە زیانە بۆ ئەوان •

★ (ولَوْ تَرى اِذْ وُقِفُوا عَلَى النّارِ فَقالُوا : يا لَيْتَنا نُرَدُّ ولاَ نُكَذِّبَ بآياتِ رَبِّنَا ونَكونَ مِنَ الْمُؤْمِنينَ !) (٢٧) ★

ئەگەر تەماشای ئەوە بکەی لەو کاتەدا کە رائەگیرێن بەسەر ئاگری جەهەنەم‌او ئەوان ئەڵێن : کاشکی بیانگێڕاینایەتەوە بۆ دنیاو ئیمانمان بهێنایێ بە خودای تەنیاو بە پێغەمەرو بێ باوەڕیمان نیشان نەدایە پێیان‌و لە موسوڵمانان بووینایێ ••• ! ئەوە وەزعێکی زۆر ناهەموارتان ئەهاتە بەرچاو کە بۆ باس ناشێ •

★ (بَلْ بَدَا لَهُمْ ما كانُوا يُخْفونَ مِنْ قَبْلُ) : ★

ئەی خۆشەویست باوەڕ مەکە بەوە کە ئەو داوای گەڕانەوەو وەعدە بە ئیمان‌هێنانەیان لە رووی راستیەوە بێ بەڵکو ئەو واتەیان لەبەر بێ تەوانایيە لەسەر عەزابی دۆزەخ ؛ چونکی بۆ ئەوان دەرکەوتوە تۆڵەی ئەو نیفاقە کە لە دڵیانا بوو لە خەڵکیان ئەشاردەوە یا تۆڵەی ئەو کردەوە نابارانە کە بە دزییەوە ئەیانکرد لە پێش هاتنی رۆژی قیامەتا ئەگەرنا درۆ ئەکەن لە گەڕانەوەیان بۆ ئیسلام •

★ (ولَوْ رُدُّوا لَعادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ) ★

ئەگەر بگێڕرایەنەوە بۆ دنیا هەر ئەگەڕانەوە سەر ئەو کوفرو نامەردییە کە لێی مەنع‌کران •

★ (واِنَّهُمْ لَكاذِبُونَ) (٢٨) ★

وە بە راستی ئەمانە درۆزنن •

★ (وقالُوا : اِنْ هِيَ اِلاّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا ومَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ) (٢٩) ★

وه ئەو کافرانه دەوامیان بوو لەسەر ئەوه که بۆ دەربڕینی بەرابەرکێ لەگەڵ حەزرەتا ـ د ـ ئەیانوت زیندەگی نیه زیندەگی دنیا نەبێ کـــه وا لەبەر چاوا ، وه به قەتعی ئێمه له پاش ئەوه که مردین زیندوو ناکرێینەوه • وه لەسەر ئەم ئینکارەو ئەم بەرابەرکێ لەگەڵ دینی ئیسلامـــاو لەســـەر ئازاردانی موسوڵمانانو پەیڕەوانی دین بەردەوام بوون •

★ (وَلَوْ تَرى اِذْ وُقِفُوا عَلى رَبِّهِمْ ، قالَ : اَلَيْسَ هذا بِالْحَقِّ ؟ قالُوا : بلى وَرَبِّنا) : ★

ئەگەر تۆ تەماشای حاڵیان بکەی لەو کاتەدا که رائەگیرێـن له لای خودای خۆیان خودا پێیان ئەڵێت : ئایا ئـەم حاڵەتو زیندووکردنەوەتانه حەق نیه ؟ ئەوانیش ئەڵێن : بەرێ وەڵلا خودایه راستەو حەقـەو ئێمـــه به هەڵەدا چووبووین •

★ (قالَ : فَذُوقُوا الْعَذابَ بِما كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ) : (٣٠) ★

جا خودا ئەفەرموێت : دەی عەزابی ئەم رۆژه وەربگرن به هـــۆی ئەو کوفرەوه که کردتان بەرابەر به ئەحواڵی ئیمرۆتان • یانی ئەگەر بڕوانی وەزعێ نابار ئەبینی •

★ (قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَـــذَّبُوا بِلِقـاءِ اللهِ حَتَّى اِذا جاءَتْهُمُ السَّـاعَةُ بَغْتَـةً قالُوا : يا حَسْرَتَنا عَلَى مَا فَرَّطْنـا فِيهَا !) : ★

یانی به راستی کەوتنه زیانەوەو زیانیان کرد ئەو کەسانه که تەکذیبی گەیشتن به خودایان ئەکرد هەتا که قیامەت له ناکاوا هات بەسەریانا ئەڵێن : ئەی حەسرەتو نەدامەتی ئێمه لەسەر ئەو قوسوورەی که بەرابەر به هاتنی قیامەت کردمان •

★ (وَهُمْ يَحْمِلُونَ اَوْزارَهُمْ عَلَى ظُهُورِهِمْ) : ★

وە ئەوان گوناهەکانیان لە سەر پشتیان هەڵئەگرن •

★ (اَلا ساءَ مَايَزِرونَ) (٣١) ★

بێدارەوە بن کە زۆر خراپە ئەو بارەی ئەوان هەڵی ئەگرن •

★ (وما الْحَيوةُ الدُّنْيا اِلاَّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ) ★

وە ئەم ژیانی دنیایە بریتیە لە گاڵتەکردنو رابواردن •

★ (وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقونَ) ★

وە بە راستی ماڵی پاشەڕۆژ کە مەشهوورە بە (قیامەت) زۆر چاتــرە لە ماڵی دنیا بۆ ئەو کەسانە کە لە خودا ئەترسن •

★ (اَفَلا تَعْقِلونَ ؟) (٣٢) ★

ئایا ئێوە هێشتا عەقڵ ناگرن تا رێگەی باش لە خراپو کــردەوەی باش لە حراپ جیابکەنەوە ؟

فەرموودەی خودا : (قد نعلم انه ليحزنك .. الأية)

ترمذیو حاکم ریوایەتیان کــردوە لــە ئیمامی عەلییەوە ـخـ کـە ئەبو جەهل وتی بە حەزرەت ـ د ـ : ئێمە تەکزیبت ناکەینو تۆ لـــە لای ئێمەدا راستگۆی بەڵام باوەڕ بە قورئانەکەت ناکەین ! جا ئەم ئایەتــە هاتە خوارەوە •

★ (قَدْ نَعْلَمُ اِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقولُونَ) :★

بە راستی ئێمە ئەزانین ئەو قسەیە ئەو کافرانە ئەیکەن دڵگرانــت ئەکەن بەڵام تۆ زۆر ئەهمیەت مەدە بەو قسانەو ئەو شێوەیش ئەوان وان نە سەری ، چونکی بە راستی ئەو کافرانە دوژمنی تۆ ناکەن •

★ (فَإِنَّهُمْ لا يُكَذِّبُونَكَ ولٰكِنَّ الظّالِمِينَ بِآياتِ اللهِ يَجْحَدُونَ) (٣٣) ★

چونکی هەرچەن بە زاهیر بە گژ تۆدا ئەچن‌و تەکزیبت ئەکەن بەڵام لە حەقیقەتا ئەو زاڵمانە ئینکاری ئایاتی خودای تەعالا ئەکەن •

★ (ولَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ فَصَبَرُوا على مَا كُذِّبُوا وأُوذُوا حَتَّى أَتيهُمْ نَصْرُنا) : ★

بە راستی لە پێش هاتنی تۆداو لە پێش زەمانی تۆدا چەند رەهبەرێکی رەوانەکراو لە لایەنی ئێمەوە بۆ ئادەمیزاد تەکزیب کران‌و بێباوەڕییان پێ‌نیشان دراو چەن بێ‌شەرمی بەرابەریان کراو ئەوان خۆیان گرت لەبەر باری خوادا لەسەر ئەو تەکزیب‌و ئازاردان‌و بێ‌شەرمییانە هەتا کاتێ خواستی ئێمە هات‌و یارمەتییان بۆ هات‌و قەومەکەیان فەوتان • وە ئەم یاسای رەوانەکردنی رەهبەران‌و راگەیاندنی ئەوان‌و بێ‌شەرمی ئادەمیزادەو صەبری ئەوان‌و فریاکەوتنی ئێمە بۆیان •• کەلیماتی خودایەو فەرمانی ئەوە هاتوە ئەڕوا •

★ (ولاَ مُبَدِّلَ لِكَلِماتِ اللهِ) ★

وە هیچ شتێ نیە کە فەرمانی خوداو یاسای ئەو بگۆڕێ •

★ (ولَقَدْ جاءَكَ مِنْ نَبَأي الْمُرْسَلِينَ) (٣٤) ★

وە بە راستی لەو ئایەتانەدا کە لە پێش ئەم ئایەتەدا نازڵ بوون پێتکەییشتوە بازێ ئەخباری پێغەمەرەکان کە حاڵیان لەگەڵ ئوممەتەکەیانا وەها بوە •

★ (وإِنْ كانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْراضُهُمْ ، فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تَبْتَغِيَ نَفَقاً فِي الأَرْضِ أَوْسُلَّماً فِي السَّماءِ فَتَأْتِيَهُمْ بِآيَةٍ) ★

وە ئەگەر زۆر گەورەو گرانو دشوارو ناباره لەسەر دڵتا لادانــی ئەوان لـه ئیمانهێنانو تۆ زۆر موشتاقی بۆ ئیمانهێنانیان دەی ئەگـەر ئەتوانی دەرگاو کونێ بدۆزیتەوەو پیایا بڕۆیته ناو عەرزەوە له داخـی ئیماننەهێنانیان وە یاخود دەلیلێکی بە هێزت دەستکەوێ بۆیان تا ئیمان بێنن . وە یا پلەکانێو پەیژەیەکت دەستکەوێ سەرکەوی بۆ ئاسمانەکان به شێوەیەك لە شێوەکانو بێینەوە بۆ لایان لەگەڵ ئایـەتو بورهانــێو کارێکی وەها بێ بە هۆی ئەوە ئیمان بێنن .. فەرموو ! تێکۆشە بزانـم شتێکت بۆ ئەکرێ ؟ ! حاشا بە بێ خواستی خوداو بە بێ یارمەتی ئـەو هیچت بۆ ناکرێ .

★ (وَلَوْ شاءَ اللهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدى) : ★

وە ئەگەر خودا بیویستایە گردیان بکاتەوە لەسـەر هیـدایـەتو ئیمانهێنان ئەیتوانی گردیان بکاتەوە . بەڵام خواستی خودا لەسەر یاسای تایبەتی خۆیەتیو ئەو خواستەی ناخاتە کار بۆ کۆمەڵــێ کە زۆر نامەردو ناهـەموار بنو دەسـتەڵاتی خۆیان هـەر لـە عـەنادو دژایـەتی لەگـەڵ رەهبەران بێننو بەرابەر بە فەرمانی خودا سەرکێشی بکەن . مادام وایە ئیتر ..

★ (فَلا تَكُونَنَّ مِنَ الْجاهِلِينَ) (٣٥) ★

تۆ لەوانە مەبە کە بە یاسای خودا نازاننو داوای شتێ ئـەکـەن لەگەڵ یاسای خودادا رێ ناکەوێ .

★ (إِنَّما يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ) : ★

ئەوەڵ فەرمانی خوداو پێغەمەری خودا وەرئەگرێ مەگەر ئـــەو کەسانە کە لەگەڵ دڵێکی هۆشیارو بیرێکی ساغدا وتاری خوداو پێغەمەر ئەبیستن . چونکی ئەم نەوعە کەسانە وەکـــو تینـــووی رۆژی گـــەرم ئەسوفن بە ئاوی زەلالی ئامۆژگاری پەروەردگار .

★ (وَالْمَوْتَى يَبْعَثُهُمُ اللهُ) : ★

بەڵام مردوەکان لە گۆڕا خودای تەعالا زیندوویان ئەکاتەوە لــە رۆژی قیامەتا ئەوسا قسە وەرئەگرن‌و قسە ئەبیسن‌و لــەو کاتەیشــــدا قسەبیستن سوودی نیە بۆیان‌و ئەم کافرانەیش وان بە دەوری تـــۆدا وەکو ئەو مردووانەن •

★ (ثُمَّ اِلَيْهِ يُرْجَعُونَ) : (٣٦) ★

جا لە پاش ماوەی ژیانی ئەم جیهانە هەمووتان ، موسوڵمان‌و کافر ـ ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خودا بۆ حسێب‌و سەرپەرستــی بیـــرو باوەڕو کردەوەی چاك‌و خراپ‌و هەرکەس بە جەزای خۆی ئەگات •

★ (وقالُوا : لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ) ★

کافرەکان وتیان : ئەوە بۆچی ئایەت‌و نیشانەیەکی گـــەورەی وای بۆ نایەتە خوارەوە ؛ وەکو قسەکردنی کێوەکان‌و ، رامکردنی گیانلەبــەرە هەردیەکان ، لە لای خوای خۆیەوە هەتا لە نیشاندانی ئەوانـــا کەســـ مەیدانی ئینکاری نەمێنێ !

★ (قُلْ : اِنَّ اللهَ قادِرٌ على اَنْ يُنَزِّلَ آيَةً) ★

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ : خودای تەعالا تەوانای هەیـــە ئەتوانێ ئایەتێکی وادروست بکا کە ئەوان داوای ئەکەن‌و فەرمانەکـــەی رەوانە بکا بۆم‌و ئەم جۆرە کارە گەورەو خاوەن نرخانە زۆر بـــوون لە لایەنی خوداوە ئەوەتا ئادەمی لە گڵ دروست کردو ، وشتری لـــە بەرد دەرهێنا بۆ صالح‌و ، تۆفانی هەڵکرد بۆ قەومـــی نووح‌و ، وڵاتـی (ثەموود)ی بەردەباران کردو قەومی (عاد)ی بە رەشەبا بەرباد کـــردو ، ئیبراهیمی لە ناو ئاگرا پاراست‌و فیرعەونی لە ئاوی نیلدا خنکاندو بەنی ئیسرائیلی رزگار کـردو ، عیسای بــە بێ باوك دروست‌کردو ، قورئان ،

کە یاسای پیرۆزی ئادەمیزادە . ناردیە خوارەوە بە نەوعێ کە کەس
توانێ بەرهەڵستی بکا . بەلاّم بە زۆر ئیسان پێ‌هێنان قیمەتی نیە .

(وَلٰكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ) (٣٧) ★

بەلاّم زورمەی ئادەمی لە شێوەی ئەوان نازانن بەم حەقیقەتانە .

★ (وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الاَرْضِ وَلا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ اِلاَّ اُمَمٌ اَمْثَالُكُمْ) ★

وە هیچ گیانلەبەرێ نیە کە بەسەر عەرزا بڕوا یا پەلەوەرێ نیە
کە بە ئاسمانا بفڕێ مەگەر ئومسەتێك‌و کۆمەڵە دروستکراوێکە وەکو
ئێوە . هەموو دروستکراون هەستی پێویستی خۆیانیان پێ‌دراوەو چەن
شتی نهێنی وا خراوەتە دڵیانەوە بۆ چلۆنی ژین‌و ژیوارو شوێنەوارو
چارکردنی نەخۆشی‌و خۆپاراستن لە دوژمنی خۆیان کە ئەگەر ئینسان
باش ئاگادار بێ لێیان زۆر لە قودرەت‌و تەوانایی خودا سەری
سوڕئەمێنێ‌و ئەزانێ پەروەردگاری جیهان هەموو شتێکی لە عالەمی
ئیسکاندا پێ ئەکرێ چ جای ئایەتێ کە بۆ تۆی رەوانە بکا .

★ (مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ) ★

تەرکی هیچ شتێکسان نەکردوە لە نووسراوی (لوح المحفوظ)دا یا لە
ئایاتی ئەم کتێبەدا کە نازڵمان کردوە بۆ سەر عەرز بۆ تۆ وە ئەوەی
کە لە عالەما بوەو ئەبێ هەمووی تێدایەو لە جوملەی ئەوانەیە تەوانایی
خودا بەسەر هەموو مومکینێکدا .

★ (ثُمَّ اِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ) (٣٨) ★

وە لە پاش بڕانەوەی ئەم جیهانەیش هەموو ئومسەت‌و هەموو صینف‌و
فەردێکیان گردئەکرێنەوە لە حوزووری خوداداو هەر کەس بە پایەو
مایەی خۆی‌و بە گەنج‌و رەنجی خۆی ئەگات .

★ (وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ) ★

وە ئەو کەسانەیش کە بێباوەڕییان نیشان داوە بە دینی حەق ئەوانە کەڕن لە بیستنی ئامۆژگاریو لاڵو بێ زمانن لە وتاری ڕاستو لە ناو چەن تاریکیدان . تاریکی جەهلو نەزانیو تاریکی گومڕاییو بێئیمانی •

★ (مَنْ يَشَأِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَنْ يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٣٩) ★

خودای تەعالا خواستی لەسەر گومڕاکردنی هەرکەسێ هەبێ گومڕای ئەکاو خواستی لەسەر هیدایەتی هەرکەسێ ببێ هیدایەی ئەداو ئەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست •

بزانن ! ئەم مەسەلە بە نیسبەت بۆ لای تەوانایی خودا واقیعیو ڕاستە ، چونکی خودا ئەتوانێ هەرچی کافر هەیە لە دنیادا هەموویان هیدایەت بداو بیانکا بە پیاوچاك وەکو ئەتوانێ هەرچەن ئەولیا هەن لە دنیادا دڵیان تێكبداو بیانکا بە کافر . ئەمە بۆ موسوڵمان جێگەی گومان نیە •

بەڵام ئەم ئایەتانە لەسەر ئەم وەزعە نەهاتوون ، بەڵکو لە مەقامی دەربڕینی زویریو عاجزبوون لە ئەوزاعی کافرەکانو ملکێشییان لە ئەمری خودا هاتوون ، وە بە کورتی ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کە لە پاش ناردنی پێغەمەری خۆشەویست دەستیان کرد بە عەنادو سەرکێشیو نافەرمانیو ڕوویان کردە ئارەزووی نەفسو بێشەرمی کردن لەگەڵ ڕەهبەراو بێباوەڕی لەگەڵ دینو ئایاتی خودادا ئەوە لەو حاڵەدا وا دائەنرێ کە کەڕە لە بیستنی حەقو ، کوێرە لە چاوپێکەوتنی ئایاتو ، گیرخواردوە لە تاریکستاناو . خودایش لە تۆڵەی ئەو هەموو نامەردیەی کابرادا سەرکوێری ئەکاو گومڕای ئەکا ئەمجار بۆ ئیعلانی ئەوە کە ئەو کەسە موستەحەقی ئەو دەردەیە خودا ئەڵێت : هەرکەس خواستی گومڕایی

بکات گومڕای ئەکا وە هەرکەس بیەوێ هیدایەتی بدا هیدایەتی ئەداو ئەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست • جا خودای تەعالا بۆ ئیلزامدانی ئەو کافرانە ئەفەرموێت :

★ (قُلْ : اَرَاَیْتَكُمْ اِنْ اَتیكُمْ عذابُ اللهِ او اَتَتْكُمُ الساعَةُ اَغَیْرَ اللهِ تَدْعونَ اِنْ كُنْتُمْ صادِقینَ ؟) (٤٠) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : خەبەرم بدەنێ ئەگەر عەزابێ لە لایەنی خودای تەعالاوە حەواڵە بکرێ بۆ سەرتان وەکو ماری یا زۆرداری یا ناساغییەکی نابارو ناهەموار ، وە یاخود کاتێ قیامەتی مەعلووم کە ئاخری ماوەی ئەم جیهانەیە بێت بۆتان ئێوە لەو حاڵە تاڵەدا کەس هەیە غەیری خودا پەناتان بداو هاواری بۆ بەن ؟ جوابی ئەم پرسیارەم بدەنەوە ئەگەر ڕاست ئەکەن ، دیارە وەڵامیان ئەوەیە بە ڕاستی کە بڵێن غەیری خودا کەس نیە پەنای بۆ ببەین ، جا خوداش ئەفەرموێت : مادام وایە چۆن وەها مل بائەدەن لە ئەمری خوداو پێغەمەر وە بۆچی موسوڵمان نابن ؟ وەکو خودا تەقریری ئەو جوابە ئەکاو ئەفەرموێت :

★ (بَلْ اِیّاهُ تَدْعونَ) : ★

واز لەوە بێنن کە بانگی غەیری خودا بکرێو هەر بانگ لە خودا ئەکەن ، چونکی دڵ خۆی ئاگادارە ئەگەر نەفس وازی لێ بێنێ •

★ (فَیَكْشِفُ ما تَدْعونَ اِلَیْهِ اِنْ شاءَ) : ★

وە خودای تەعالا دەفعی ئەو بەڵا ئەکا کە هاوار ئەکەین بۆی •

★ (وتَنْسَوْنَ ما تُشْرِكونَ) (٤١) ★

وە فەرامۆش ئەکەن ئەو بتانە کە ئەتانکردن بە شەریکی پەروەردگار •

★ (ولَقَدْ اَرْسَلْنا اِلی اُمَمٍ مِنْ قَبْلِكَ فاَخَذْناهُمْ بِالْبَأْساءِ والضَّرّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعونَ) : (٤٢) ★

به راستی پێغەمەرانمان رەوانە کرد بۆ سەر چەن ئوممەتێ لە پێش زەمانی تۆداو ئەو ئوممەتانە یەکە یەکە سەرکێشییان کرد لە فەرمانی ئێمەو کوفریان بەرابەر بە پێغەمەران دەربڕی ئێمەیش لە جەزای ئەوەدا ئەو ئوممەتانەمان دووچاری فەقیری‌و لاتی‌و بێفامی‌و بەڵای ناکاو کرد بەڵکو بپاڕێنەوە لە خودا بۆ چاری ئەو کارەساتانە بە سەریانا هات کەچی هەر لەسەر ناباری خۆیان مانەوەو لە خودا نەپاڕانەوە .

★ (فلَوْلا اِذْ جاءَهُمْ بَاْسُنا تَضَرَّعوا !) ★

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە بەڵاکانیان لە لایەنی ئێمەوە پێ گەییشت لێیان نەپاڕانەوە هەتا رزگاریان بکەین ؟!

★ (ولٰكِنْ قَسَتْ قُلوبُهُمْ وزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطانُ مَا كانُوا يَعْمَلونَ) (٤٣) ★

بەڵام دلیان رەش بووەوو رووناکی تێدا نەما هەتا رێگەی رزگاری خۆیان ببینن وە شەیتان جوانی کرد لەبەر چاویانا ئەو کردەوە ناپەسەندانە کە ئەوان ئەیانکردن .

★ (فَلَمّا نَسُوا ما ذُكِّروا بِهِ فَتَحْنا عَلَيْهِمْ اَبْوابَ كُلِّ شَيْءٍ) ★

جا کاتێ ئەوان هەر ئامۆژگاری‌و پەندێ کە ئێمە بۆ ئەوانمان ئامادەو حازر کردو رەهبەرەکان پێیانیان ئەگەیاند لە بیری خۆیانیان بردەوەو موبالاتیان پێ نەکرد دەرگای هەموو زیاتێکمان کردەوە بەسەریانا نە گرانی قووت‌و ژیوارو نە ئاشووبی رۆزگارو بێسامانی وڵات .

★ (حَتّى اِذا فَرِحُوا بِما اُتُوا اَخَذْناهُمْ بَغْتَةً فَاِذا هُمْ مُبْلِسُونَ) (٤٤) ★

هەتا حاڵیان بە هۆی هەوابازیو رابواردن لە ئارەزووی نەفسای پێ‌هات کە بە وەزعو حاڵی خۆیان کەیف‌خۆش بوونو دڵشاد بوون بەو نازو نیعمەتە کە پێیان دراوەو بە خەیاڵی خۆیان وایان ئەزانی لە هەموو شتێ رزگارن ئەوانسان گرتو داگیرمان کردن لە کوتوپڕدا ، وە یا بە داگیرکردنێکی کوتوپڕ ، جا تەماشات ئەکردن لە کوتوپڕدا کەوتنە حەسرەتو غەمباریو هەناسە هەڵکێشان •

★ (فَقُطِعَ دابِرُ الْقَوْمِ الَّذينَ ظَلَمُوا والْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعالَمينَ) (٤٥) ★

جا بڕایەوە ئاخری ئەو قەومە یانی دواییان هات وە یا نەسلو نەتەوەیان نەما ، وە هەموو حەمدو ثەناو ستایشێ بۆ خودایە کە پەروەردگاری عالەمە هەمووی لەسەر نیعمەتی فەوتاندنی ئەو زاڵمانە •

★ (قُلْ : اَرَاَيْتُمْ اِنْ اَخَذَ اللهُ سَمْعَكُمْ واَبْصارَكُمْ وخَتَمَ على قُلوبِكُمْ مَنْ اِلهٌ غَيْرُ اللهِ يَاْتيكُمْ بِهِ ؟) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیان بڵێ : ئەگەر خودا چاوو گوێتان لێ وەربگرێتەوەو دڵیشتان بە مۆری غەیبی مۆر بکات بە نەوعێ کە ببێ بە مانیع لەوە رووناك‌ببێتەوە بە شوعوورو فامێکی بەسوود •• ئەوە کێیە ئەو خودایە غەیری خودای عالەم کە ئەو گوێو چاوو دڵە باشەی بەسوودەتان بۆ بێنێو لە ناو ئادەمیزادا سەریان بەرز بکاتەوە ؟

★ (اُنْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآياتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ) (٤٦) ★

جا تۆ تێفکرە ئەی رەهبەری خۆشەویست چلۆن ئایاتو بەڵگەی راستو هۆی تەرغیبو تەرهیب هەڵئەسوورێنین بـۆ ئەم نامەردانـە کەچی لـە پاش ئـەو هەموو رەهبەرییی کردنیانە هەر ئیعراز ئەنێنو لـە رێگەی راست لائەدەن •

★ (قل : اَرَاَیْتَکُمْ اِنْ اَتیکُمْ عَذَابُ اللهِ بَغْتَةً اَوْ جَهْرَةً هَلْ یُهْلَكُ اِلاَّ الْقَوْمُ الظَّالِمونَ ؟) (٤٧) ★

تۆ ئەی پێغەمەری رەهبەر بەو سەرکێشانە بڵێ : ئەگـەر عەزابی خوداتان بۆ هات لە ناکاوو لە پەنامەکی تاریکە شەودا کە کەس پێتـان نەزانێ وە یاخود بە رۆژی رووناكو بە ئاشکرا ، ئایا کەس بە هیلاکـدا ئەچێ لە ئادەمیزاد بە هیلاکەتێکی زیاندار بۆ دنیاو بۆ قیامەت غەیـری ئەو کەسانەو ئەو قەومانە کە ستەمکارو غەددارن ؟ طەبعـەن کەسـ نافەوتێ بەو شێوە ستەمکاران نەبێ ؛ چونکی موسوڵمانان هەرچەن لـە دنیادا بفەوتێن لە پاشەڕۆژا بەختیارو سەرفرازن •

★ (وما نُرْسِلُ الْمُرسَلِینَ اِلاَّ مُبَشِّرِینَ ومُنْذِرِینَ) : ★

ئێمە هەرگیز پێغەمەرەکان ناتێرین بۆ سەر ئادەمیـزاد وە یا بـۆ سەر جینو ئینسان بۆ ئەوە نەبێ کە ئەمرو فەرمانەکانی خودا لە لایەنی ئێمەوە بگەیەنن بەوانەو موژدەیان پێبدەن بە بەهەشت لە صوورەتـی فەرماندارێداو بیانترسێنن بە سزای دۆزەخ لە صوورەتی نافەرمانیـدا • ئیتر بۆ ئەوەمان نەناردوون کە خەڵکی گاڵتەیان پێ بکەن ، وە یا خود بۆ ئـەوەمان نەناردوون کـە هەرچی تەسەرروفاتی جیهـانە بیدەین بـەوان هەتا بتوانن هەرچی دڵخوازی کافرەکان بێ جێبەجێی بکەن •

★ (فَمَنْ آمَنَ واصْلَحَ فَلا خَوْفٌ عَلَیْهِمْ وَلا هُمْ یَحْزَنُونَ) (٤٨) ★

جا هەرکەسێ ئیمان بێنێ بە خودا لەسەر دەستی ئەو پێغەمەرانەداو فەرمانی خودا بگرێتە گەردن ئەوە نە ترس و بیمیان ئەبێ لە پاشەڕۆژیان و نە زویری و دڵگرانییان ئەبێ لە کاتی حازرو رابوردوویان •

★ (وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ) (٤٩) ★

وە ئەو کەسانەیش تەکذیبی ئایاتی ئێمە بکەن و باوەڕ نەکەن بە خوداو پێغەمەر ئەوانەیش عەزاب لێیان ئەدا بەهۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچوون •

★ (قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ) ★

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە من ئینسانێکم راستکارو واقیعی و لە ئەندازەی ئیمکانیاتی خۆم نارۆمە دەرەوە کە وابو پێتان نەڵێم کە خەزێنەکانی رەحمەتی خودا لە دارایی و تەوانایی هەموو لە لای منن هەتا ئێوە بهاومە ناو تەماع و تەقالای دنیا ، وە غەیب و شتی پەنامەکی لە ئێوە نازانم هەتا بە ئومێدی ئەوە بێن بۆ لام کە لە شتی غەیبی ئاگادار بن و نایشڵێم کە من فریشتەم و خواردن و خواردنەوەم ناوێ ، وە یاخود هێزم ئەشکێ بە گەلێ کاری گران کە خاریج بن لە حەدی تەوانای ئینسان •

★ (إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ) ★

وە تابیع نابم ئیللا بەو ئایەتانە کە بە وەحی دێن بۆ لام ، وە بە چ نەوعێ فەرمانم پێدرا هەڵئەسووڕێم بۆ رزگارکردنی ئادەمیزاد لە بیرو باوەڕی نابارو لە کردەوەی ناهەموار •

★ (قُلْ : هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ؟) (٥٠) ★

تۆ بڵێ ئەی خۆشەویست : سوپاس بۆ خودا من چـاوی سـەرم هەیەو ئەبینێ ؛ وە چاوی دڵم رووناکەو بە قەی خواستی خودا دەرکـی حەقایق ئـەکا ؛ وە ئـەو کەسانە کـە لـە رێگەی تەمێو تەربیەمان دەر ئەچن کوێرن‌و هەرگیز چاودارو بێچاو بە یەك نابن ، ئایا پاش ئەم هەمـوو دەرزە تێ نافکرن هەتا رێگەی راست لە رێگەی لار جیا بکەنەوە ؟

★ (وَأَنْذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُـونَ أَنْ يُحْشَـرُوا إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُمْ مِنْ دُونِهِ وَلِيٌّ ولا شَفِيعٌ) ★

وە بترسێنە بەو کەلامە کە بە وەحی بۆت دێ ئەو موسوڵمانانـە وە یا ئەو دڵبێدارانەو ئەو هۆشیارانە کە ئەترسن لەوە بانگ بکرێـن بۆ لای خودای خۆیان‌و گردبکرێنەوە لە حوزووری ئەوا بۆ حسێب لە حاڵێکـدا کە لە غەیری خودا نە دۆستێ‌و نە یارمەتیدەرێ‌و نە هاوڕێ‌و نە تکاکارێکیان نیە •

★ (لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ) (٥١) ★

بەڵکو ئەوانە لە خودای خۆیان بترسن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا •

فەرموودەی خودا : (ولا تطرد الذین .. الآیة)

ئیبن‌و حیببان‌و موسلیم‌و نەسائی‌و حاکم ریوایەتیان کردوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە ئەڵێ : ئایەتی (ولا تطرد الذین) هاتە خوارەوە لـە شەش کەسدا : لە من‌و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودو بیلال‌و عەممـارو میقدادو صوهەیبدا وتیان : موشریکەکان وتیان بە حەزرەت کە ئێمە دەربکا لە دەوری خۆیا •

وتیان : ئێمە شەرم ئەکەین ؛ تا ئەمانە لە دەوری تۆدا بن ئامشـۆت بکەین ! لەم هۆوە شتێ کەوتە دڵی حەزرەتەوە ، جا خودای تەعالا ئایەتی (ولا تطرد الذین)ی نازڵکرد هەتا (الیس الله باعلم بالشاکرین ؟) •

وە تەبەرانیو ئیبنو ئەبی حاتەمو ئەحمەد ریوایەتیان کردوە لـــە ئیبنو مەسعوودەوە ئەڵێ : کۆمەڵێ لە (قورەیش) رابوردن بە لای حەزرەتا ـ د ـ و لەو کاتەدا خەبابی کوڕی ئەرەتتو صوهەیبو عەممـارو بیـــلالو غەیری ئەوانیش لە موسوڵمانە نەداراکان لای حەزرەت بوون ، وتیـــان : ئەی محەمەد تۆ بەم کۆمەڵە بێدەستو بێنەوایە دەسبەرداری قەومەکـەی خۆت بوویت ؟ ئایا ئەمانە خودا گەورەی کردوونو قەومەکەت هەمـــوو مەهتووکنو دوورن لە تۆ ؟ چۆن ئەبێ ؟ ئایا ئێمە ئەبین بە تابیعی ئـــەو گەداو لاتانە ؟! دەی ئەگەر ئەتەوێ ئێمە بکەوینە شوێن تۆ ئەمانە دەربکە هەتا ئێمە بێین بۆ خزمەتی تۆ ! جا خودا ئایەتی (وانذر به الذین یخافون) هەتا (ولتستبین سبیل المجرمین)ی نازڵ کرد •

وە ئیبنو جەریر ریوایەتی کردوە لە عەکرەمەوە ئەڵێ عوتبەی کوڕی رەبیعەو شەیبەی برایو موطعەمی کوڕی عەدیو حارثی کوڕی نەوفـــل لەگەڵ چەن کەسێ لە ئەشرافی (بەنی عبد المناف) لە ئەهلی کوفر چـوون بۆ لای ئەبو طالیب پێیان وت : ئەگەر ئەم برازایەت ئەم لاتو هـــەژاری دووری خۆیە دەربکا ئەوە ئێمە دڵمان پێی خۆش ئەبێو ئەبێ بە هـــۆی ئەوە ئێمە شوێنی بکەوین ! جا بەم بۆنەوە ئەبو طالیب قسـەی لەگـــەڵ حەزرەتا کردو عومەری کوڕی خەتتاب عەرزی حەزرەتی کرد : ئەگەر بە گوێی مامت بکەی لەم بارەوە باشە تا بزانین چۆن ئەبێ • جا خـــودای تەعالا ئەم ئایەتی (وانذر به الذین یخافون)یە نازڵ کرد هەتا (الیـــس الله باعلم بالشاکرین ؟)وە لەو کاتەدا بیلالو عەمماری کوڕی یاسیرو سالمـی مەولای ئەبو حوزەیفەو ئیبنو مەسعوود لەگەڵ کۆمەڵێ ترا بوون ، جـــا کاتێ ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە عومەری کوڕی خەتاب ـ خ ـ هات بـــۆ خزمەتی حەزرەتو عورزی بۆ هێناوە جا ئایەتی (واذا جاءك الذین یؤمنون) نازڵ بو •

★ (وَلاَ تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەو موسوڵمانانە دەرمەکە کە عیبادەتی خودای بێ شەریك ئەکەن لە بەیانیو ئێوارەداو خواستیان هەر رەزامەندی خودایە •

★ (مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِمْ مِنْ شَيْءٍ) ★

حسێبی ئیمانی ئەو فەقیرانە لەسەر تۆ نیەو لە لا تۆ نیە مومکینە ئیمانی یەکێ لەوانە موقابیلی ئیمانی چەند کەس بێ لەم کافرانی قورەیشە کاتێ موسوڵمان بنو حسێبی ئیمانو رازی دڵی تۆیش لەسەر ئەوان نیە •

★ (فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ) (٥٢) ★

هەتا تۆ ئەوانە دەربکەی لەبەر داوای ئەو کافرانەو تەوسا لە ستەمکاران حسێب بکرێیت •

★ (وَكَذَلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لِيَقُولُوا : أَهَؤُلاءِ مَنَّ اللهُ عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا ؟!)

بازێ لەم خەڵکە بە هۆی بازێکیانەوە گیرۆدە ئەکەمو خەیاڵات ئەخەمە دڵیانەوە هەتا بڵێن : ئایا ئەم گەلە هەژارە بە تەنیا خودا منەتی ناوەتە سەریان بە ئیمانو ئەبێ هەر ئەوان بگەن بەم پایە ؟ !

★ (أَلَيْسَ اللهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ) (٥٣) ★

جا خودایش بۆ رەدی ئەوان ئەفەرموێت : ئایا خودا لەوان چاتر ئاگادار نیە لە ئەحواڵی سوپاس‌گوزارانو زاناتر نیە بەو کەسە کە شیاوی نیعمەتو رەحمەتە ؟! (بەڵێ)

★ (وَإِذَا جَاءَكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا فَقُلْ : سَلَامٌ عَلَيْكُمْ) ★

کاتێ کە ئەو کەسانە ئیمانیان هێنابە ئایاتی ئێمەو هاتن بۆ لاتان تۆ پێیان بڵێ : سەلامتان لێ بێ •

★ (كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ) ★

خودا لەبەر فەزڵو رەحمەتی عامی خۆی بڕیاری داوە بۆ خۆی •

(★ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنْكُمْ سوءً بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٥٤) ★

وە ئەو رەحمەتە بڕیاری داوە ئەمەی لێ پەیدا ئەبێ هەرکەسێ لە ئێوە گوناحێ بکا لە بەر نەفامیو لە پاشان تۆبە بکاو پەشیمان ببێتەوە لەو کردەوە نابارەو پاش ئەوەیش نەگەڕێتەوە بۆ سەریو لەوەو پاش ئیشی چاك بکا . واتە ئەگەر حەقی کەسێکی لە سەربو بە قەی ئیمکان بیداتەوەو نەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانە کە کردوونی جا خودای تەعالا تاوانبەخشو میهرەبانە •

ریوایەت کراوە : کۆمەڵێ هاتن بۆ حوزووری پێغەمبەر ـ د ـ عەرزیان کرد : ئێمە گیرۆدەی گەلێ گوناه بووینو حەزرەت ـ د ـ جوابی نەدانەوەو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە •

★ (وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ) ★

بەو جۆرە کە وەرتانگرت ئایاتی قورئانی پیرۆز نازڵ ئەکەم بۆ بەسی موسوڵمانو کافرو تاوانبارو بێتاوانو تاوانبارێ کە تەوبە ئەکاو روو ئەکانەوە بارەگای رەحمەتی خودا هەتا پایەو مایەی موسوڵمانە فەرمانبەرەکان دەربکەوێ •

★ (وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ) (٥٥) ★

وە ڕێگەی تاوانبارەکانیش ڕووناك ببێتەوە لێتان •

★ (قُلْ : اِنّی نُهیتُ اَنْ اَعْبُدَ الّذِینَ تَدْعونَ مِنَ دونِ اللهِ) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : کە بە ڕاستی لە لایەنی خوداوە مەنع کراوم لەوە کە عیبادەت بکەم بۆ ئەو بتانە کە ئێوە ئەیانپەرستن •

★ (قُلْ : لا اَتَّبِعُ اَهْواءَکُمْ) ★

پێیان بڵێ : بە هیچ جۆرێ من ناکەومە دوای هەواو ئارەزووی نەفسی بەدکێشی ئێوەو شتێ کە لەسەر ڕێگەی دینی حەق نەبێ نایکەم •

★ (قَدْ ضَلَلْتُ اذاً وما اَنا مِنَ المُهْتَدِینَ) (٥٦) ★

من ئەگەر شوێن هەوای ئێوە بکەوم گومڕا ئەبم‌و لەو کەسانە نابم کە هیدایەت وەرگرن لە لایەنی خوداوە •

★ (قُلْ : اِنّی علی بَیِّنَةٍ مِنْ رَبّی وکَذَّبْتُمْ بِهِ) ★

تۆ بفەرموو بەو کافرانە : کە من وام لەسەر ڕێگەیەکی ڕووناکی ڕاست‌و کیتابێکی وا ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئیسلامییەت بەڵام ئێوە ئەوەندە بەدبەخت‌و سەرسەختن موبالات بە دەلیلی ڕاست ناکەن‌و عەقڵی خۆتان ناخەنە بیرکردنەوە هەتا ڕاست‌و لار لە یەك جیابکەنەوەو لەبەر ئەمە بێ باوەڕیتان دەربڕی بەرابەر بەم دینی منەو ئەم دەعواو دەلیلە ڕاستە کە لە لایەنی خوداوە بۆم هاتوە • وە بە ڕاستی بزانن ئەگەر خودا سەرفی نەزەرتان لێ نەکا لە تۆڵەی ئەم ئینکارەدا عەزابی خوداتان بۆ دێت بەڵام •

★ (ما عِنْدِي ما تَسْتَعْجِلونَ بِهِ) ★

لە لای من نیە هێز بۆ ناردنی ئەو سزایە کە ئیوە پەلەپەنی بۆ ئەکەن بە شێوەی گاڵتەوە •

★ (اِنِ الْحُكْمُ اِلاّ للهِ يَقُصُّ الحَقَّ وهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ) (٥٧) ★

حوکم لە زووهاتنی سزادا یا لە دێرکەوتنیا هەر بۆ خودایە ئەو حەق جێبەجێ ئەکاو ئەو باشتر فەرمانداریکە کە حەق‌و ناحەق لەیەك جیا ئەکاتەوە •

★ (قُلْ : لَوْ اَنَّ عِنْدِي ما تَسْتَعْجِلونَ بِهِ لَقُضِيَ الاَمْرُ بَيْني وبَيْنَكُمْ) ★

تۆ بڵێ : ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی بۆ ئەکەن بە من بکرایەو لە لای من بوایە زوو ئیش ئەبڕایەوەو نیزاع نەدەما لە بەینی ئێمەو ئێوەدا •

★ (واللهُ اَعْلَمُ بِالظَّالِمينَ) (٥٨) ★

بەڵا هەموو کارێ لە لای خودایەو خودا لە هەموو کەس زاناترە بەوانە کە ستەمکارن‌و لە دەستی خودا دەرناچن •

★ (وعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الغَيْبِ لا يَعْلَمُها اِلاّ هُوَ ويَعْلَمُ مافِي البَرِّ والبَحْرِ ومَا تَسْقُطُ مِنْ ورَقَةٍ اِلاَّ يَعْلَمُهَا ، ولا حَبَّةٍ في ظُلُماتِ الاَرْضِ ولا رَطْبٍ ولا يابِسٍ اِلاّ فِي كِتابٍ مُبِينٍ) (٥٩) ★

بزانن ! (مفاتح) یا کۆی (مِفْتَح)ە بە کەسرەی میم ، یا کۆی (مَفْتَح)ە بە سەری میم ، جا لەسەر یەکەم شێوە (مفاتح) بە مانا کلیلەکانە ، واتە کلیلەکانی ئەو شتانە کە غەیب‌و پەنهانن لە لای خودان‌و ئەو کلیلانە عیبارەتن لە عیلم‌و زانستی خودا ، یانی عیلم بە ئەشیای پەنهان هەر لە لای خودایە • وە لەسەر شێوەی دووەم (مفاتح) بە مانای (خزائن)ە واتە خەزێنەکانی شتە پەنهانیەکان هەموو لە لای خودای تەعالان • بە هەرحاڵ مەبەس ئەمەیە کە عیلمی غەیب هەر خاسەی خودایەو کەس غەیبزان

نیە ؛ چونکی زانینی غەیب یانی سیفەتێکی زاتی کە لەگەڵ خاوەنەکەیا بێ بە دەوامی زاتەکەی وە بەم شێوە هەر خودایە غەیبزانو دارای زانستی شتی پەنهانە ، وە هەرکەسێ لە پێغەمەران ــ د ــ کە زانینی غەیب دەست بدا بۆیان ئەوە بەوە ئەبێ کە خودا بە هێزی وەحی یانی بە هۆی فریشتەوە کە جیبریلی ئەمینە لەو غەیبە ئاگاداریان ئەکات •

وە یا بە ئیلهام یانی ئەو زانستە ئەخاتە ناو دڵیانەوە • هەروا هەر یەکێ لە ئەولیاو پیاوە دڵسافەکان شتێ لە غەیبیات بزانن ئەوەیش بە ئیلهامو فێرکردنی خودایە یاخود خودای تەعالا پەردە لە بەینی ئەو عەبدەو ئەو شتەدا لائەبا تا ئەو شتە ئەزانێ ، وە ئەمەیش بۆ چەن کاتێکەو دەوامدار نیە • کە وابێ عیلمی ئەنبیاو ئەولیا بە غەیبیات داخڵی عیلمی غەیب نیە بەڵکو داخڵی خەبەردارکردنە لە لایەنی خوداوە بۆ ئەو کەسانە بە بازە شتێکی پەنهان ؛ خوا رووداوی پاشەڕۆژ بێ یا ئەو شتانە بێ کە زوو رابوردوون • وە یا بەعزێ شوێن بێ کە دێتە بەرچاویان وەکو جێگەی ئەو سوپایە کە هاتە بەرچاوی حەزرەتی عومەر کاتێ مەشغووڵی موحازەردەی ئەصحابەکان بوو •

بەڵام ئەو کەسانە کە بە هۆی حسابگەریەوە خەبەر ئەدەن بە بازێ شتی وا روو ئەدا وەکو باوبارانو سەرماو گەرما ، یا بازێ ماڵی درزاو ــ مەثەلا ــ ئەوە هیچیان عیلمو زانستی قەطعی نین بەڵکو برێتین لە بیرو باوەڕو عەقیدەیەکی وا کە لە پایەی زەن بەرزنەبوەتەوە بە دەلیلی ئەوە گەلێ جار هەواڵی گەلێ شت ئەدەنو کەچی دوایی وا دەرناچێت •

وە ئەگەر لە صوورەتێکا بە شێوەی یەقین بەو شتە بزانێ ئەوە یەقینەکەی لە خۆیەوە نیە بەڵکو بە هۆی دەلیلەوە بوە ئەوجار ئەڵێن خۆی عیلمی نەبو بە غەیب بەڵکو بە هۆی ئەو دەلیلەوە غەیبی بۆ پەیدا بو • وەکو ئەوە بە جیهازی (ئەشیعە) ناو سکی ژنێ دەربکەوێو کابرا بزانێ سکەکەی کوڕە یا کچە ئەمانە بە هیچ شێوەیێ جێگەی گومانو

دوو دلی نین لەم جێگەدا ؛ چونکی وەکو وتمان عیلمی غەیب زانستی یەقینی دەوامدارە لەگەڵ خاوەنەکەیا (بالذات) نەك بە هۆی ئەسبابی خاریجەوە • لەگەڵ ئەوەدا کە بازێ شتی پەنهانی وا هەیە کە غەیری خودا کەس نایزانێ . وەکو کاتی هاتنی قیامەت‌و کونهی زاتی خودای تەعالاو سیفاتی ئەو . وە ئەم شتانە ناوئەبرێن بە غەیبی موطلەق • وە ئەو شتانە کە بە ئەسباب ئەزانرێن غەیبی موضافن ، واتە بە ئیضافەو نیسبەت بۆ ئەو کەسانە کە وەسیلەی دەرخستنی ئەو شتانەیان نیە غەیب‌و پەنهانە وە نیسبەت بەوانە کە وەسیلەیان هەیە زاهیرو ئاشکرایە ــ مەثەلا ــ بۆ کەسێ کە جیهازی کەشفی ناوسکی ژنی هەیەو ئەزانێ بەو منداڵە وا لە سکیا منداڵەکە ئاشکرایەو غەیب نیە ، وە نیسبەت بەو کەسە جیهازەکەی نیە غەیبەو داپۆشراوە وە ئەم جۆرە شتە زانستەکەی تایبەتی خودا نیە •

وە خودای تەعالا وەکو غەیبیات ئەزانێ کە وان لە ماوەرای عەرزو ئاسمانا هەروەها زانایە بەو غەیبیاتەیش کە وان لە سەر عەرزی وشکداو وان لە ناو قووڵی دەریادا ، وە ئەم غەیبیاتەیش لە غەیبیاتی (موضافە)ن چونکی ئەو شتە وا لە عەرزێ لە وڵاتی مەغریبا لە لای ئەو کەسەدا وا لە نزیکیا ئاشکرایە ، بەڵام بۆ خەڵکی مەشریق داخڵی غەیبەو نامەعلوومە ، عەکسی ئەمەیش هەروایە •

وە هیچ گەڵایێ لە دارێ ناکەوێتە خوارەوە خودا ئاگای لێ نەبێ‌و نەیزانێ • وە هیچ دانەیێ نیە کە کەوتبێ لە تاریکستانی عەرزا یانی لە قووڵی چاڵاو لە ناو کونا وە هیچ تەڕو وشکێ نیە ئیللا وا لە کینابی مەکشووفدا کە (لوح المحفوظ)ە وە یاخود وا لە ناو عیلمی زاتی خوادا کە زاهیرو مەکشووفە لە لای خۆی •

★ (وهو الَّذِي يَتَوَفَّيكُمْ بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ ما جَرَحْتُمْ بِالنَّهارِ) ★

خودا ئەو خودایە کە ئەرواحی ئێوە وەرئەگرێ لە شەوا لە کاتـــی نوستنتاناو مەنعی ئەکا لە کەسبی ئەو مەعلوماتە کە لە کاتی خەبەرداریـدا ئەیکرد . وە ئەیشزانێ بەوەی کە ئێوە کەسبی ئەکەن بە رۆژا •

★ (ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ) ★

وە لە پاش نوستنی شەو خەبەرداردتان ئەکاتو هەڵتان ئەسێنێ لـــە رۆژا •

★ (لِيُقْضَى اَجَلٌ مُسَمّىً) ★

وە لەبەر ئەوە بە شەوا رۆحتان وەرئەگرێو بە رۆژا هەڵتان ئەسێنێ هەتا بە تیکراری ئەم شەوو رۆژە ئەو وادەیە کە دیاری کراوە بـۆ ژیـــان تەواو ببێ •

★ (ثُمَّ اِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٦٠) ★

جا لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای خودایەو دوای ئەوە ئاگادارتـــان ئەکانەوە لە کردەوەکانتانو خەبەرداردتان ئەکا بەوەی لە ژیانتانا کردووتانە •

★ (وهُوَ القَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ) ★

خودا ئەو خودایە کە خاوەن دەسەڵاتە بەسەر عەبدەکانی خۆیدا •

★ (وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً) ★

وە چەن پاسەوانو نیگابانێ رەوانە ئەکا بۆ سەرتانو ئەو پاسەوانانـە لە ئادەمیزادن لەوانە کە ئاسایشی دنیا رائەگرن • وە لـــە فریشتــەن ئەوانەیان کە مەئموورن بە پاسی ئادەمیزاد •

★ (حَتّى إِذا جاءَ اَحَدَكُمُ المَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنا) ★

هەتا کاتێ کە ئاکام دێت بۆ یەکێ لە ئێوە جا مەئموورە فرستادەکانمان بە جارێ رۆحتان وەرئەگرن •

★ (وهُمْ لاَ يُفَرِّطونَ) (٦١) ★

وە ئەو نێرراوانەیش زیادو کەم ناکەن لەو ئیشی گیانکێشانەدا نە بەرو دوا لە کاتاو نە بە ئازاردان ، واتە لەو ئەندازە بڕیاردراوە زیاتر نیە •

★ (ثُمَّ رُدُّوا الى اللهِ مَوْليهُمُ الحَقِّ) ★

جا پاش گیانکێشان رەوانە ئەکرێن بۆ لای خودا کە گەورەی راستەقینەی ئەوانە •

★ (اَلا لَهُ الْحُكْمُ وهُوَ اسْرَعُ الْحاسِبِينَ) : (٦٢) ★

بێدارو ئاگادار بەرەوە ئەی بەنی ئادەم هەر بۆ خودایە حوکم‌و فەرماندان بە گیانکێشان‌و گیان بەبەرداکردن ، وە خودای تەعالا زۆرتر لە هەموو موحاسیبیی‌و باشتر لە هەموویان موحاسەبەی بەندەکان ئەکا •

★ (قُلْ : مَنْ يُنَجِّيكُمْ مِنْ ظُلُماتِ الْبَرِّ والْبَحْرِ ؟ تَدْعونَهُ تَضَرُّعا وخُفْيَةً :) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە ملبادەرانە : کێ ئێوە رزگار ئەکا لە تاریکیەکانی شەوەزەنگی سەرعەرز بە تایبەتی لە ناو قوڕو ئاوو گەناوی ناهەموارا لە کاتی رێبواریدا وە یا لە کاتی گەڕانتان بە شوێنی شتێکدا وە لە تاریکیەکانی دەریادا لە کاتی کەشتیڕانیداو لەو گێژانەدا کە کەشتیەکان سووڕ ئەدەن‌و لە ڕێگەی مەقسوود دووری ئەخەنەوە ؟ کە حاڵتان وایە بانگ ئەکەن لە خودا بە زەلیلی‌و داماویەوەو لە پەنامەکیدا لەو کاتەدا کە ئەڵێن :

★ (لئِنْ اَنْجِينَا مِنْ هذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ) (٦٣) ★

بە راستی ئەگەر رزگارمان بکەی لەم تاریکستانەدا ئیتر لەو کەسانە ئەبین کە سوپاس‌و ستایشی زاتی تۆ بەجێ دێنن •

★ (قُلِ اللهُ يُنَجِّيكُمْ مِنْها ومِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ اَنْتُمْ تُشْرِكونَ) (٦٤) ★

تۆ پێیان بڵێ : خودا رزگارتان ئەکا لەم تاریکیانەو لە هەموو زەحمەتێکی تریش کەچی لە پاشانا ئێوە هەر شەریك بڕیار ئەدەن بۆ خودای عالەم .

★ (قُلْ : هوَ القادِرُ على اَنْ يَبْعَثَ عليكُمْ عذاباً مِنْ فَوْقِكُمْ او مِنْ تَحْتِ اَرْجُلِكُمْ) ★

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ پێیان : هەر خودایە قادرەو تەوانایە لەسەر ئەوە کە عەزابێکتان بۆ بنێرێ لە ژوورتانەوە بە گەرمای هەوای هاوین یا بە سەرمای هەوای زستان وە یا بە بەفرو بارانی خوڕەمو بروسکەی زیاندەر لە گیانو لە ماڵو لە کشتوکاڵو بە تەرزەی وا شپرزەتان بکا . یا بە بەردەبارانی ئاسمان وە یا بۆمبارانی نامیهرەبانی دەستەڵاتدارانی جیهان نە ئینسانی سیاسەتکاری زۆردار .. یاخود عەزابتان بۆ بنێرێ لە ژێر پێتانەوە بە هۆی بورکانی عەرزەوە یا بە ژێراوژوورکردنی ولاتەکەتان یا بە هێرشی مشكو مارو دووپشكو حەشەراتی زەویو . یا خود بە زەرعکردنی ئەڵغامو مەوادی تەقینەوە .

★ (اوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعاً ويُذِيقَ بَعْضَكُمْ بَاْسَ بَعْضٍ) ★

یاخود تێکەڵتان بکا بە یەکا بە چەن کۆمەڵێکی جیاواز کە هەر یەکە بە ئاوازێ بنو قسەتان یەك نەکەوێت هەرکارم چەقۆ لەوی تر بسوێو تالاوی دووبەرەکی لە دەستی یەك بچەژن .

★ (اُنْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآياتِ) : ★

جا تەماشا بکە بزانە چۆن ئەنواعی سزای خۆمان ئەگۆڕین بەسەر ئەو کەسانەدا کە لە فەرمان دەرئەچن . وە یاخود بڕوانە چۆن ئایانی

قورئان ئەگێڕین بە وەعدو وەعیدو موژدەدانو ترساندن بۆ گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ئەهلی دنیاو لادانیان لە ئەمری خوداو مەحوبوونەوەیـان لە قیامەتا بە رەحمەتو کەرەمی خۆمان بۆ تێگەیاندنی هۆشیاران •

★ (لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ) (٦٥) ★

بە ئومێدو هیوای ئەوە کە لە حەق حاڵی بنو حەق لە بەتاڵ جیـا بکەنەوە •

★ (وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ) ★

وە ئەگەل ئەم هەموو روونکردنەوەی حەقەدا قەومەکەت ئینکاریو بێ بڕوەیییان دەربڕی بەو عەزابەی کە حەواڵە ئەکرێ بۆ نالەباران ؛ یـا بەو قورئانە کە رەوانەکراوە بۆ بەیانی رێگەی دین ؛ لەگەڵ ئـەوەدا کـە ئەو سزایە حەقەو ئەو قورئانە راستەو رەهنومایە بۆ رێگەی راست •

★ (قُلْ : لَسْتُ عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ) (٦٦) ★

جا تۆپێیان بڵێ : من حەقەگەیێنمو رەهنومای رێگەم ئیتر زاڵ نیـم بەسەرتانا بۆ ئیمانهێناتتان وە یاخود دەستم ناڕوا سزاتان بدەم یا سزاتـان لێ لادەم وە یا هیدایەتتان بدەم •

★ (لِكُلِّ نَبَأٍ مُسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ)(٦٧) ★

بۆ هەموو خەبەرێ کە لە لایەنی خوداوە بێ واقیعێ هەیەو دامەزرانێ هەیە . واتە خەبەری خودا وەکو خەبەری عادەتی ناو ئادەمیزاد نیە کە بازێکیان راستنو بەزێکیان پێچەوانەی راستین . خەبەری خودا هەمووی راسـتەو لەمەولا ئاگادار ئەبنو بە راستیی خەبەرەکانی خودا ئەزانن ئەو جەزایـە کە بڕیاری دراوە دێتە جێ •

★ (وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَـا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ) ★

هەرکاتێ چاوت کەوت بەو کافرە موشریکانەی وا کە رۆئەچن لـــە بەدرۆخستنەوەی ئایەتەکانی ئێمەدا .. ئەوە دوور بکـەوەرەوە لێیـــان‌و مەچۆرە کۆمەڵیانەوە هەتا لەو باسە لائەدەن‌و دەست ئەکەن بە باسێکـــی تر ؛ چونکی بیستنی واتەی نابار دڵ زامار ئەکاو موجادەلەو شـــۆڕیشـــ لەگەلیا ئینسان ئەخاتە ناو کاری ناهەموارەوە .

★ (وإِمَّا يُنْسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٦٨) ★

وە ئەگەر جارێ شەیتان ئەم مەنع‌و نەهیی ئێمەی لە بیر بردیتەوەو رۆیشتی بۆ ناو ئەو کافرانە کە گاڵتە بە ئایین ئەکەن ئەوە هـــەر کاتـــێ مەنعەکەت کەوتەوە بیر گورج هەستە لەو مەجلیســەو لـــە پاشـــ ئـــەو بیرکەوتنەوە ئیتر دامەنیشە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کافرە نابارە ستەمکاردا .

★ (وما عَلَى الَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِمْ مِنْ شَيْءٍ) ★

نیە لەسەر ئەهلی تەقواو پارێز هیچ حسێبێ لە حسێبـــی تاوانبـــاری ئەوان .

★ (وَلَكِنْ ذِكْرَى لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ)(٦٩) ★

بەڵام هەر ئەوەنەیان لەسەرە کە ئامۆژگارییان بکەن‌و خودایان بخەنەوە بیر . بەڵکو لە خودا بترسن .

★ (وَذَرِ الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَعِباً وَلَهْواً وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَوةُ الدُّنْيَا) ★

واز بێنن لەو کافرانە کە بە خەیاڵی خۆیان وا ئەزانن دینەکەیـــان عیبادەتکردنە بۆ بتەکان‌و مەنعی سەربڕینی بازە وشترێکەو ماڵ بەشکردنـە بە یاسای ئەزلام . وە ئەم جۆرە کارانە شتێکن لە بەرچاوی هۆشیارا بـە گاڵتەو گەپ حسێب ئەکرێن . وە یا ئەو کەسانە کە ئەم دینە بەرزە وەکـــو

ئیسلام بێ کە دانراوە بۆیـــان بە گاڵتەی ئەزانن‌و موبالاتی پێ ناکەن •
یا ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە هیچ دینێ نیەو وا ئەزانن دین بۆ ئادەمیـــزاد
گاڵتەکردن‌و رابواردنە ••• وە تەرکی ئەم نامەردانە بکەن کە ژیانی دنیـــا
بایی کردوون بە تایبەتی دەوامی ساڵ‌و دارایی‌و ماڵ‌و زۆری خزم‌و ئەولادو
منداڵ •

★ (وَذَكِّرْ بِهِ اَنْ تُبْسَلَ نَفْسٌ بِمَا كَسَبَتْ) : ★

وە ئامۆژگارییان بکە بە هۆی قورئانەوە نەکا هەر نەفسێ بگیـــرێ‌و
مەنع بکرێ لە رێگەی رزگاری بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە کردوونی •

★ (لَيْسَ لَهَا مِنْ دُونِ اللهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ) ★

لە حاڵێکدا نیە بۆ هیچ کەسێ‌و هیچ نەفسێ لە غەیری خودا یارمەتیدەرێ
وە یا تکاکەرێ •

★ (وَاِنْ تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَا يُؤْخَذْ مِنْهَا) ★

وە ئەگەر هەر فیدیەیێ بدا لێی وەرناگیرێ •

★ (اُولٰئِكَ الَّذِينَ اُبْسِلُوا بِمَا كَسَبُوا) : ★

ئەوانە کۆمەڵێکن کە مەنع‌کراون لە هەموو خێرێ بە هۆی ئەو کردەوە
خراپانەوە کە کردوویانن •

★ (لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ اَلِيـــمٌ بِمَا كَانـــوا
يَكْفُرُونَ)(٧٠) ★

ئەوانە بۆیان بڕیاردراوە خواردنەوەیەك لە ئاوی گەرمی کـــوڵاوو
سزایەکی سەخت بە هۆی کوفرکردنەکەیانەوە •

★ (قل : اَنَدْعوا مِـــنْ دونِ اللهِ مَـــا لا يَنْفَعُنَـــا ولاَ
يَضُرُّنا ؟) ★

تۆ بڵێ بەو کافرانە : ئایا ئێمە بانگ ئەکەین لە غەیری خودا ئەوبتانەی کە قابیلیەتی ئەوەیان نیە سوودمان پێ بدەن یا زیانمان لێ بدەن ؟

★ (ونُرَدُّ علی اَعْقابِنا بَعْدَ اِذْ هَدانا اللهُ !) ★

وە ئەگێڕێینەوە پاشەوپاش لەسەر پاژنەکانمان لە پاش ئەوە کە خودا هیدایەتی ئێمەی داو ئێمەی گەیاند بە دینی ئیسلام !

★ (کالَّذي اسْتَهْوَتْهُ الشَّیاطِینُ فِي الاَرْضِ حَیْرانَ) ★

وەکو ئەو ئادەمیزادە کە شەیتان لەسەر هەوای نەفس بردوویەتی بەزەویدا بە گێژیو سەرگەردانی •

★ (لَهُ اَصْحابٌ یَدْعونَهُ اِلی الْهُدی : ائْتِنا) ★

کە ئەو گومڕایەش چەن ڕەفیقێکی هەبێ بانگی لێ ئەکەن لە دوورەوە پێی ئەڵێن : بێ بۆ لامان بۆ وەرگرتنی ڕێگەی ڕاست بە هۆی ئێمەوە •

★ (قُلْ : اِنَّ هُدَی اللهِ هوَ الْهُدی واُمِرْنا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ العالَمِینَ (٧١) ★

تۆ پێیان بڵێ : بە ڕاستی هیدایەت هەر هیدایەتی خودایەو ئێمە فەرمانمان پێ دراوە کە ملکەچ ببین بۆ خودایێ کە پەروەدگاری عالەمە • خۆلاصە ئەفەرموێت : ئەی خۆشەویست تۆ خۆت بگرە لەسەر حاڵی خۆتو تۆ خەڵك ڕابکێشە بۆ لای دینو مەبە بەو کەسانە کە بانگ ئەکرێن بۆ شتی بەتاڵ •

★ (واَنْ اَقیمُوا الصَّلوةَ واتَّقُوهُ) : ★

وە فەرمانمان پێدان کە : دەوام بکەن لەسەر بەجێهێنانی نوێژو لە خودا بترسن •

★(وهُوَ الَّذي اِلَیْهِ تُحْشَرونَ)(٧٢) ★

وە خودای تەعالا ئەو خودایە کە بۆ لای ئەو بانگ ئەکرێن •

★ (وهوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمواتِ والأرْضَ بِالْحَقِّ) ★

وە ئەو خودایە خودایەکە ئاسمانو زەوی لە نەبوون دروستکـردوە لەسەر شێوەی حیکمەتو دروستکاری •

★ (ويَوْمَ يقُولُ : كُنْ ! فَيَكُونُ . قَوْلُهُ الحَقُّ) ★

وە قسەی ئەو لەسەر حەقو حیکمەتە لەو رۆژەدا کـە بە شتێـك ئەڵێ : ببە ! ئەویش ئەبێ • واتە هەر شتێ کە خودا خواستی لەسەر بێو پێی بفەرموێ ببەو ئەویش ببێ ئەو فەرموودەیە لەگەڵ حیکمەتدایە •

★ (ولَهُ المُلْكُ يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ) ★

وە هەر بۆ ئەوە ریاسەتو سەرداری لەو رۆژەدا کە فوو ئەکرێ بـە (صوور)١ بۆ تێکدانی ئەم زەویو ئاسمانە وە لەو رۆژەیشا کە فـوو ئەکرێ بە صورا بۆ زیندوکردنەوەی گیانلەبەرانی مردوو لە جنیو ئادەمیزاد •

★ (عالِمُ الْغَيْبِ والشَّهادَةِ) ★

زانایە بە هەر شتێ کە پەنهان بێ لە ئێمە وە یاخود بەدەرەوە بێ لـە لای ئێمە •

★ (وهوَ الْحَكيمُ الخَبيرُ) (٧٣) ★

وە ئەو خودا لە کردەوەدا بە حیکمەتەو ئاگادارە لەسەر هەموو شتێ •

جا بە موناسەبەی ئەوەوە کە موشریکەکانی مەکە گەلێ ئازاری دڵی پێغەمەریان ئەدا ـ د ـ خودای تەعالا بۆ دڵخۆشیدانەوەی ئەو باسـی باپیرە گەورەی خۆی کە ئیبراهیمە ـ د ـ وە باسی گیرۆدەبوونی بە دەستی قەومەکەیو باسی گەلێ لە پێغەمەرانی خاوەن پایەی بۆ کردو ئەمری پـێ کرد : پێویستە بۆ تۆ کە بە قەی هەموو ئەم زاتانە دەروونـت گـەورە

بێ : چونکی ڕیسالەتەکەت بۆ هەموو ئومسەتێو بۆ هەموو زەمانێکە هەتا هەتایە • وە فەرمووی :

★ (وَاِذْ قَالَ اِبْرَاهِيمُ لِاَبِيهِ آزَرَ : اَتَتَّخِذُ اَصْنَامًا آلِهَةً !! اِنِّي اَرَيكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) (٧٤) ★

واتە ئەی پێغەمەری خۆشەویست بیربکەرەوە لەو کاتو چەرخەدا کە تاریکی ئیشراکو بتپەرستی جیهانی داگیر کردبوو • وە نەمروودی بابلـی ستەمکاری نامەرد دەستی گرتبو بە سەر ئادەمیزادی (بين النهـريـن)و خوارو ژووریشیا ؛ جا ئیبراهیمی کوڕی ئازەر ـ کە لەسەر واتەی مێژوو نووسەکان یا لە (کوثی) لە خاکی بابلدا یا لە (شەرقات) ؛ یا لە (سوس) لە لە نزیکی هەولێردا لە دایك بوە ـ خودا ویستی بیکا بە ڕەهبەرو باوکـی پێغەمەرانو لەگەڵ ئەوەدا کە ئازەری باوکی سەرۆکی بتپەرستەکان بـوو •• ڕووی کردە بیرکردنەوە لە ڕێگەی ڕاستو دۆزینەوەی پەروەردگارا وە بە دڵ حاڵی بوو کە پەرستیاریی دارو بەرد سوودی نیەو شتێکی هیـچو پووچە بە سەرسوڕمانەوە وتی بە ئازەری باوکی : ئایـا پیاوی زیرەکی وەکو تۆ ئەم بتە تاشراوانە بڕیار ئەدەی بە خودا یانێ کـە پەرسـتیاری بکرێن !! بە ڕاستی مادەم لەسەر ئەم بیرو باوەڕەن من عەقیدەم وایە تۆو کۆمەڵەکەت وان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا •

★ (وَكَذَلِكَ نُرِي اِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمٰوَاتِ وَالاَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ) (٧٥) ★

وە هەر وەکو دڵی ئیبراهیمسان نوورانی کردو هێزمان پێدا بۆ ئەو پرسیارە لە باوکی •• نیشانمان دا بـە ئیبراهیم ئاسـاری ڕیاسـەتو دەستەڵاتی خۆمان لە ئاسمانەکانو لە زەویدا بۆ ئەوە ئەوانە بکا بە دەلیل لەسەر بوونو یەکیەتی پەروەردگاری (واجب الوجود) وە بۆ ئەوە ببـێ بەوانە کە خاوەن یەقینو زانستی ڕاستن •

★ (فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رأى كَوْكَباً قالَ : هذا رَبِّي) ★

جا هەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕە کە دارو بەرد بۆ خودایی ناشێن کەوتە گەڕانو بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی پەروەردگار ، وە کاتێ کە شەو تاریکی هێنا بەسەرا چاوی گێڕا چاوی کەوت بە ئەستێرەیەکی بە پڕتەو ـ ئەڵێن زوهرە یا موشتەری بوو ـ وە وتی : ئەمە خودای منە کە بە دەستکاری ئادەمیزاد نیەو دەستی پێ ناگاو رووناکیشە •

★ (فلَمَّا اَفَلَ قالَ : لا اُحِبُّ الآفِلِينَ)(٧٦) ★

بەڵام کاتێ لە شوێنی خۆی جوولاو ئاوا بوو وتی : من شتی بێ دەوامی زوو لاچووم ناوێو خۆشم ناوێ •

★ (فلَمَّا رأى الْقَمَرَ بازِغاً قالَ : هذا رَبِّي) ★

جا کاتێ مانگی چاو پێکەوت وتی : ئەمە پەروەردگاری منە •

★ (فلَمَّا اَفَلَ قالَ : لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لاَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ) (٧٧) ★

جا کاتێ مانگ ئاوا بوو فەرمووی : بە راستی ئەگەر خودا هیدایەتم نەدا ئەبم بە یەکێ لە گومڕاهەکان •

★ (فَلَمَّا رأى الشَّمسَ بازِغَةً قالَ : هذا رَبِّي هذا اَكْبَرُ) ★

جا لە پاش ئاوابوونی مانگ کاتێ چاوی کەوت بە رۆژ بەرزەوە بوو لە کەناری ئاسمان وتی : ئەمە خودای منەو ئەمە گەورەترە لە مانگو ئەستێرەو رووناکترە •

★ (فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ : يا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ)(٧٨) ★

کاتێ کە ڕۆژیش ئاوابوو ئیبراهیم فەرمووی : ئەی کۆمەڵی وڵانی من بە ڕاستی من دوورم لەو شتانە کە ئێوە ئەیکەن بە هاوڕێی لە خودایێداو پاکم لە بیرو باوەڕی ئیشراکو هاوڕێ بڕیاردان •

★ (إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمواتِ والأَرْضَ حَنِيفاً) ★

من وا بە ڕاستیو بە یەك دڵی ڕووی خۆم هەڵسووڕان بۆ بەندەییو عیبادەت بۆ ئەو پەروەردگارە کە ئاسمانەکانی دروستکردوە بە ڕۆژو مانگو ئەستێرەکانەوەو زەوی بە دەشتو هەردەو کۆسارانەوە دروستکردوە . وە ئەمانە هەموو رامن بۆ خودای جیهانو هەریەکێ لەمانە سەرگەردانە بۆ کارێ پێی سپێرراوە ، وە حاڵم وایە لامدا لە هەموو ئیینو دینو بیرو باوەڕێکی بەتاڵ بۆ لای خودای خاوەن کەماڵ •

★ (وما أَنا مِنَ الْمُشْرِكِينَ)(٧٩) ★

وە من بە قەطعی لەو کەسانە نیم کە شەریكو هاوڕێ بۆ خودای عالەم بڕیار ئەدەن •

★ (وحاجَّهُ قَوْمُهُ) : ★

جا کە ئیبراهیم بانگەوازی کرد لەسەر بیرو باوەڕی تەوحیدو خودا بە یەکناسین قەومەکەی یا لە بەر نەفامیو نەزانی وە یا لە بەر تەقلیدو حەڵك ، وە یا لەبەر ترسی نەمانی پایەو مایەی جیهانی دەستیان کرد بە موجەدەلە لە گەڵیا •

★ (قالَ : أَتُحاجُّونِّي في اللهِ وقَدْ هَدانِ ؟) ★

ئیبراهیم لە جەوابیاندا فەرمووی : ئایا تازە ئێوە موجادەلە ئەکەن لەگەڵما لە هۆی خوداوە بۆ ئەوە من وەرگەڕێم لە تەوحید وەلحاڵ خـودا هیدایەتی داوم بۆ دەسکەوتی زانستی بێ گومان بە بوونو یەکیەتـــی خودا •

★ (ولا اَخافُ ما تُشْرِكونَ بِـــهِ اِلاّ اَنْ يَشـــاء رَبّي شَيْئا) ★

وە هەر وەکو لە ناحیەی عیلمو زانستو باوەڕ بە خودا ئێوە سوودێ وەرناگرن لە موجادەلەکەتان لەگەڵ مندا لە ناحیەی ترســـاندنیشـــەوە ئیستیفادە ناکەن . چونکی من ناترسم لەو بتانە کە ئێوە بڕیاریان ئەدەن بە شەریك بۆ خودا ؛ چونکی ئەزانم ئەوانە ناشێن بۆ زیانگەیاندن بە کەس مەگەر خودا خواستی زیانێکی بێ بۆ ئێمە بە هۆی ئەوانەوە بەم جۆرە کە ستەمکارێ تەعەصوب بکاو لە تۆڵەی تەحقیری ئـــەوانـــ زیانێکـــمان پێ بگەیەنێ •

★ (وَسِعَ رَبّي كُلَّ شيْءٍ عِلْماً) ★

خودا هەموو شتێکی ئیستیعاب کردوەو داگیری کردوە لە هـــۆی عیلمو زانستەوە • واتە زانایە بە هەر سوودو زیانێ •

★ (اَفَلا تَتَذَكَّرونَ ؟) (٨٠) ★

ئایا ئێوە بیر ناکەنەوە هەتا بزانن کە بتەکان خۆیان هیچیـــان پـــێ ناکرێ ؟

★ (وكَيْفَ اَخافُ ما اَشْرَكْتُمْ ولا تَخافـــونَ اَنَّكُـــمْ اَشْرَكْتُمْ بِاللهِ ما لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطاناً ؟) ★

من چۆن ئەترسم لەو دارو بەردە کە ئێوە کردووتانن بە شەریك بۆ خودا وە ئێوە ناترسن لەوە کە کردووتانە بە شەریکی خودا شتێکی وەهـــا

کە خودا دەلیلێکی نە ناردوە لەسەر ئەوە کە ئیعتیباری پێ بکرێ بەڵکو دەلیلی قەطعیو یەقینی داناوە لەسەر ئەوە کە قابیل نیە خودای عالەم هیچ شەریکێکی ببێ چ جای ئەو دارو بەردە ؟!

★ (فَاَيُّ الفَرِيقَيْنِ اَحَقُّ بِالاَمْنِ اِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ؟) (٨١) ★

جا کام لەم دوو بەشە لایەقترو قابیلترە بە ئەمنو ئاسایش ؛ بەشی خودا بەیەکناس یا بەشی بتپەرستی موشریکی ناڕاس ئەگەر ئێوە خاوەن عیلمو زانستن ؟

فەرموودەی خودا (الذين آمنوا ولم يلبسوا .. الآية)

ترمزیو موسلیمو بوخاری ریوایەتیان کردوە لە عەبدوڵلاوە ـ خ ـ کاتێ کە ئایەتی (الذين آمنوا ولم يلبسوا ايمانهم بظلم) نازڵ بو زۆر بوو بە هۆی ئازاری دڵی موسوڵمانەکان ، وتیان : ئەبێ کێ بێ لە ئێمە کە زوڵمی نەکردبێ لە نەفسی خۆی ؟ ئەویش فەرمووی : مەعنای ئەوە نیە کە ئێوە تێی گەیشتوون . مەبەس لەو زوڵمە ئیشراکە ، ئایا نەتانبیستوە فەرموودەی لوقمان بە کوڕی خۆی (يا بني لا تشرك بالله ان الشرك لظلم عظيم) ؟ جا خودا فەرمووی :

★ (الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا اِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ اُولئِكَ لَهُمُ الاَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ) (٨٢) ★

بە ئوصوولی دەلیلی راستو رەوان ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو ئیمانەکەیان تێکەڵ نەکردوە بە ستەمی هاوڕی بڕیاردان بۆ خودا ئەوانەن ئەمنو ئاسایشیان هەیەو ئەوانەن شارەزاکراو بۆ رێگەی راستو ئەوانەن گەیشتوون بە مەقسوود .

★ (وَتِلْكَ حُجَّتُنا آتَيْناهَا اِبْراهِيمَ على قَومِهِ) ★

ئەوانەی کە بەیانمان کردن لە ئەحوالی ئیبراهیمو تەماشاکردنی ئاسمانو ئەستێرەو مانگو رۆژو گەییشتنی بەو ئەنجامە کە شتی ناپایەدارو بێدەوامو رامکراو بۆ هاتوچۆ بە درێژەی کات بۆ خودایی ناشێ .. هەموومان کرد بە دەلیلی قەطعی بۆ ئیبراهیم لە نەفسی خۆیەو لەسەر قەومەکەیشی . خۆی گەییشت بە حەقیقەتی خودا ناسیو قەومەکەیشی بێدەنگ کرد لە موجادەلە کردن .

★ (نَرْفَعُ دَرَجاتٍ مَنْ نَشاءُ) : ★

وەکو پلە پلە پایەی ئیدراکی ئیبراهیممان بەرز کردەوە لە مەقامی ئادەمیزادێکی عادەتیەوە بەرزمان کردەوە بۆ نوبوەتو ریسالەتو کردمان بە (شیخ الموحدین) و (ابو الانبیاء) هەروا هەرکەسێ خومان لەسەر بێ بە چەن پلە بەرزی ئەکەینەوە .

★ (اِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ) ★(٨٣)

بە راستی خودای تۆ ـ ئەی پێغەمەری رەهبەر ـ خاوەن حیکمەتە لە کردارەکانیاو زانایە بە زاهیرو باطینی هەموو کارێو هەموو کەسێ ئەوانە کە هەلیان ئەبژێرێو لە غەیری ئەوانیش .

★ (ووَهَبْنا لَهُ اِسحقَ ويَعْقوبَ) ★

وە لە پاداشی ئەو سزاو جەفایە کە تووشی بوو لەسەر بانگکردنی ئادەمیزاد بۆ دین ئیسحاقمان پێ بەخشی لە کاتێکدا هیوای پەیدابوونی منداڵی نەبو . وە یەعقوبیشمان پێ بەخشی چونکی کوڕی کوڕیش کوڕە .

★ (كُلاًّ هَدَيْنا) ★

وە هەردوکیانمان هیدایەت داو شارەزامان کردن بۆ ئەخلاقی بەرزو خووو رەوشتی پەسەند هەتا پایەی رەهبەریم پێدان .

★ (ونوحاً هَدَيْنا مِنْ قَبْلُ) ★

وە نوحیشسان لە پێش ئیبراهیمدا هیدایەت دا بۆ خزمەتی حەقیقەتو پایەی رەهبەریشسان پێدا •

★ (ومِنْ ذُرِّيَّتِهِ داودَ وسُلَيْمانَ) ★

وە بازێ لە نەتەوەکانی نووحیشمان هیدایەت دا بۆ پایەی رەهبەری وەکو داوودو سولەیمان کە باوکو کوڕێ بوون خاوەن پایەی رەهبەریو خاوەن مایەی تەفسەریو پادشایی‌و سەروەریی •

★ (وأيُّوبَ ويُوسُفَ) ★

دوو پێغەمەری گیرۆدە بە ئازارو زەحمەتو گەیشتوو بە پادشای عیززەتو سەروەتو رەحمەت •

★ (وموسى وهارونَ) ★

دوو پێغەمەری ناودارو دوو برای خۆش رەفتار •

★ (وكذلِكَ نَجْزِي المُحْسِنينَ) (٨٤) ★

هەر وەکو چۆن جەزای ئەم پێغەمەرانەمان داوە جەزای هەموو خاوەن ئیحسانو کردەوە چاکیش ئەدەینەوە •

★ (وزَكَرِيَّا ويَحْيَى) ★

وە لەو بازە نەتەوەی نووحەیە زەکەریاو یەحیا ئەم باوکو کوڕە کە لە رێگەی دینا بوون بە فیدایی •

★ (وعِيسَى وإلْيَاسَ) ★

دوو رەهبەری دوور لە پەیوەندی دنیای دوون •

★ (كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ)(٨٥) ★

هەموو فەردێ لەمانە لەوانە بوون کە بۆ خودا صوڵحا بوونو ڕەفتارو ئاساریان پاكو چاك بو •

★ (واِسْماعِيلَ واليَسَعَ) ★

لەو بازە نەتەوەیە ئیسماعیلو ئەلیەسەع کە دوو پێغەمەری ئارامکارو خاوەن ئیعتیبار بوون •

★ (ويونُسَ ولُوطاً) ★

وە ئەم دوو زاتەیش کە ڕەهبەرێکی ڕەوانەکراون بـــۆ ســـەر قەومێکی سەرسەخت بەڵام ئومەتی یونس لە ئەنجاما گەییشتن بە پایەی ئیمانو ئومەتی (لوط) هەر لەسەر نافەرمانـی مانـــەوە هەتـا خـــودا فەوتاندی •

★ (وكُلاًّ فَضَّلْنا علَى العَالَمِينَ) (٨٦) ★

وە هەموو فەردێك لەم ڕەهبەرانەمان فەزڵ دا بەسەر ئەهلی عالەمی زەمانی خۆیاندا‌و بە ئیستیقامەت خزمەتی تەوحیدی خودایان کرد درووودی خودا لەسەر ئەرواحی خۆیانو ئەتباعیان بێ هەتا کاتی گەییشتن بە خودای تەعالا •

★ (ومِنْ ابائِهِمْ وذُرِّيَّاتِهِمْ واِخْوانِهِمْ) ★

وە هیدایەتی بازێکمان دا لە باوكو نەتەوەو برای ئەم کۆمەڵە ڕەهبەرە ناوبراوانە •

★ (واجْتَبَيْناهُـــمْ وهَـــدَيْناهُـــمْ اِلى صِـــراطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٨٧) ★

وە هەڵمان بژاردن بۆ خزمەتو عیبادەتو شارەزامان کردن بۆ ڕێگەی ڕاست •

★ (ذلِكَ هُدَى اللهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِهِ) ★

ئەم پایەی عیبادەت‌و خوداناسی‌و رەهبەرییە بە هیدایەتی خوداو ئینایەت‌و ریعایەتی ئەوە کە تەعبیریان لێ ئەدرێتەوە بە تەوفیق هیدایەنی ئەوانەی پێ‌ئەدا کە خواستی لەسەر هیدایەتیان بێ لە بەندەکانی .

★ (وَلَوْ اَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ ما كانُوا يَعْمَلُونَ)(٨٨) ★

ئەگەر ، فەرزەن ، پاش ئەو پایە بەرزەیش لە تەوحید وەرگەرانایەتەوەو شەریکیان بۆ خودا قەرار بدایە ــ پەنا بە خودا ــ هەر کردوەیەکی چاکەیان هەبوو دا ئەکەوت‌و نرخی نەدەما .

★ (اولئكَ الَّذينَ آتَيْناهُمُ الْكِتابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ) ★

ئەم کۆمەڵە رەهبەرە گەورە کەساتێکن کە لە لایەنی خۆمەوە کیتابم پێداون جا هەر یەکێ کتێبێکی سەربەخۆ یا بە دوو کەس یا چەن کەس هەر لەسەر کتێبێ مابنەوە وەکو پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیل هەتا هەتنی حەزرەتی عیسا هەموو رەفتاریان کردوە بە تەورات‌و هەروا حیکمەت‌و رەهبەریم پێداون .

★ (فَاِنْ يَكْفُرْ بِها هؤُلاءِ فَقَدْ وَكَّلْنا بِها قَوْماً لَيْسوا بِها بِكافِرِينَ) (٨٩) ★

جا ئەگەر ئەو کۆمەڵی قورەیشە کوفر ئەکەن‌و ئینکاری پێغەمەرایەتی ئەوانە ئەکەن ئەوە ئامادەمان کردوە بۆ ئیمان‌و باوەڕ بەوانە نەوەێ کە باوەڕیان بەوانە هەیە وە کافر نین پێیان . وەکو کۆمەڵی ئەصحابە لە موهاجیرین‌و ئەنصارو باقی ئەصحابەو تابیعین بە شێوەی کردەری پەلك تا رۆژی قیامەت .

★ (أولئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللهُ فَبِهُدَيهُمُ اقْتَدِهُ) ★

ئەو کۆمەڵە پایەبەرزانە کەسانێکی ئەوتۆن کە خودا هیدایەتی داون بۆ رێنەی راستی . خۆیان بەو رێگەدا رۆیشتوونو عیبادی خودایشیان بانگ کردوە بۆ سەر ئەو رێگە . جا لە بەر ئەوە تۆ رەوانەکراوی بۆ تەواوکردنی دینی حەقو ئەخلاقی بەرزو رووناککردنەوەی ئاسمانو زەوی تۆ ئیقیندا بکە بە هەموویان . واتە بە ڤەی هەموویان ئەخلاقت بەرز بێ . واتە هەر رەوشتێکی بەرز لە لای هەرکەسێ لەوان ببێ پێویستە تۆ ببی بە خاوەنیو بەو رەوشتە سلووك بکەی لە جیهانا .

★ (قُلْ : لا أسْئَلُكُمْ عَلَيْهِ أجْراً إنْ هوَ إلاّ ذِكْرى لِلْعالَمِينَ) (٩٠) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : من داوای مزدو تۆنەتان لێ ناکەم لەسەر گەیاندنی کیتابو ئامۆژگاریتان . ئەم قورئانە کە بۆ من هاتوەو بە ئیوەی رائەگەیەنم هەر وەعزو ئامۆژگاریو بیرکردنەوەیە لە گەورەیی خودداو هاتوە بۆ رێنومایی هەموو عالەم . وە ئێمە بەس تەبیغ ئەکەین . وە پاداشی تەبلیغیش لە لای خودایە .

فەرموودەی خودا : (وما قدروا الله حق قدره ..)

ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ـ خ ـ ئەڵێ : پیاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت ـ د ـ ناوی مالیکی کوڕی صەیف بو . دەستی کرد بە واتەی ناڕێك لە خزمەتیا ، جا حەزرەت فەرمووی : سوێندت ئەدەم بە خودا خوێندووتەتەوە لە تەوراندا خودا ئینسانی قەڵەوی خۆش ناوێ ؟ وە کابرایش قەڵەو بو جا رقی داهاتو سوێندی خوارد کە خودا ڤەت ئایەتی نەناردوەتە خوارەوە بۆ سەر

ئادەمیزاد ! لەویا رەفیقەکانی لە جوولەکە وتیان : خودا بتگرێ ! ئەی خودا تەوراتی نەناردوە بۆ موسا ؟ ئەویش سوێندە پێشوەکەی دووبارە کردەوە • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو فەرمووی :

★ (وما قَدَروا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ اِذْ قالُوا : ما اَنْزَلَ اللهُ عَلى بَشَرٍ مِنْ شَيْءٍ) ★

ئەو جوولەکەو وێنەی ئەو خودایان نەناسیوە بە ناسینێکی راست لەو کاتەدا کە وتیان : خودا هیچ ئایەتێکی نازڵ نەکردوە بۆ سەر ئادەمیزاد •

★ (قُلْ : مَنْ اَنْزَلَ الكِتابَ الَّذي جاءَ بِهِ موسى نُوراً وهُدىً لِلنّاسِ ؟) ★

تۆ ئەی خۆشەویست پێی بڵێ : ئەی ئەوە کێ ئەو کتێبەی نازڵ کردوە کە موسا ـ د ـ هێنای بۆ لای ئێوە کە حاڵی وایە بوە بە رووناکی بۆ دڵو دەروونتانو بوە بە هۆی هیدایەتو شارەزاییتان بۆ ئادەمیزادی بەنی ئیسرائیل ؟

★ (تَجْعلونَهُ قَراطيسَ تُبْدونَها وتُخْفونَ كَثيرا) ★

کە ئیستە ئێوە ئەیکەن بە چەن بەشێو هەر بەشێکی بتانەوێ دەری بخەنو زیانی نەبێ بۆ دڵخوازی ئێوە ئەینووسنەوە لە ناو چەن پارچە کاغەزێکداو بڵاوی ئەکەنەوە بە ناو بەنی ئیسرائیلدا وە بەشێکیشی کە حەز ناکەن بڵاوی بکەنەوە ئەیشارنەوە وەکو ئەو ئەحکامە کە ناتانەوێ تەطبیقی بکەنو ئەو نیشانانەی حەزرەتی محەمەدو پەیڕەوانی کە ناتانەوێ مەشهووری بکەن •

★ (وعُلِّمْتُمْ ما لَمْ تَعْلَموا اَنْتُمْ ولا آباؤُكُمْ) ★

وە بەو کتێبە تەعلیمتان کراو نیشانتان درا ئەو ئەحکامانە کە نە ئێوەو نە باوکو باپیرەتان نەتان ئەزانی ، جا طەبعەن ئەوان جوابی ئەم پرسیارەت نادەنەوە ؛ چونکی زیانی هەیە بۆ کییانی موزەییەفی خۆیان ، کە وابێ تۆ خۆت جوابی پرسیارەکەت بدەرەوە •

★ (قُلِ : اللّهُ ، ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ) (٩١) ★

خۆت بڵێ : زاتی (الله) خودای (واجب الوجود) ئەو کتێبەی ناردە خوارەوە لە پاش ئەو جوابە ئیتر جیدالیان لەگەڵا مەکەو وازیان لێ بێنە با لە ناو بیروباوەڕی پۆوچی بەتاڵی خۆیانا گاڵتە بکەن بە ژیانی خۆیان • جا کە جوابی پرسیارەکەت دایەوە دەرئەکەوێ کە خودا تەوراتی نازڵکردوە بۆ سەر حەزرەتی موسا ـ د ـ وە کاتێ ئەوە موسەللەم بو ئەمجار دیارە خودا عەینی خودایەو بەشەریش هەر بەشەرەو وەحی لە لای خوداوە بۆ تۆیش دابیلەو ئەم ئایەتەیشسان بۆ ناردی کە ئەڵێم •

★ (وهذا كِتابٌ أَنزَلْناهُ مُبارَكٌ مُصَدِّقُ الَّذي بَيْنَ يَدَيْهِ) ★

وە ئەم قورئانەیش ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ خوەن فەڕو پیرۆزیە ؛ چونکی هۆشیاران شارەزا ئەکا بۆ بەختەوەری ئەم جیهانەو جیهانی پاشەڕۆژیش وە باوەڕ دەرئەبڕێ بەو کتێبانە کە لە پێش خۆی هاتوونەتە خوارەوە •

★ (ولِتُنْذِرَ أُمَّ القُرى ومَنْ حَوْلَها) ★

وە ناردوومانە بۆ ئەوەیش کە ئەهلی مەککە ـ کە دایکانەی شارو دێهاتەکانی حیجازە ـ وە ئەهلی ئەو وڵاتانەیش وان بە ئەطرافی مەککەدا لە خۆرهەلاتو خۆرنشینو شیماڵو جەنووب بترسێنی •

★ (وَالَّذِينَ يُؤْمِنونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنونَ بِهِ) ★

وە ئەو کەسانە کە بە ویژدانی خۆیان شوعوور بە مەسئوولیەت ئەکەن‌و دڵیان دامەزراوە لەسەر ئەوە کردەوەی چاك‌و خراپ تۆڵەی هەیە لە پاش مردنا باوەڕ ئەکەن بەو قورئانە . چونکی کەسێ ئەوەندە ویژدانی پاك بێ شوعوور بکا بەوە کە ئادەمیزادی چاك ئەبێ چاکەی بێتە ڕێ‌و ئادەمیزادی خراپیش ئەبێ تۆڵەی خۆی وەربگرێ ئاسان ئەبێ لەسەر دڵی کە باوەڕ بکا بە کتێبی سەماوی‌و دەستووری خودایی ، یاخود مەبەس لە (مؤمنین بە ئاخیرە) ئەوانەن کە ئیمانیان بە حەزرەت هێناوە ـ د ـ ، واتە ئەو کەسانە کە لەسەر ئیمان‌و باوەڕ بە تۆ باوەڕیان هەیە بە قیامەت وەکو ئەصحابەکانت ین ئەوانە ئیمانیان هەیە بە قورئان ، وە هەر ئەو کـۆمەڵەیشـە باقـی ئەحکام بەجێ دێنن ، وە خودا عیبادەتە گـەورەکـەی جیاکردوەتـەوەو فەرموویەتی :

★ (وَهُمْ عَلى صَلَوتِهِمْ يُحافِظُونَ)(٩٢) ★

وە ئەوانە موحافەزەی نوێژەکەیان ئەکەن‌و هەمیشە دەوامی لەسـەر ئەکەن .

فەرموودەی خودا : (ومن أظلم ممن ...)

ئەم ئایەتە نازڵ‌بوە لە شانی موسەیلەمەی کەززابدا کە لە هـۆزی بەنی حەنیفە بوو و داوای پێغەمەرایەتی ئەکردو ئەیوت : وەحی دێت بۆ لام ، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو .

★ (وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرى عَلى اللهِ كَذِباً ؟) ★

کێیە کە زاڵمترو غەددارتر بێ لەو کەسە کە درۆ هەڵئەبەستێ بە زمانی خوداوە لەهەر بابەتێ بێ .

★ (اوْ قالَ : اوحِيَ اِليَّ وَلَمْ يُوحَ اِلَيْهِ شَيئٌ) ★

یاخود بڵێ : بە تایبەتی وەحی کراوە بۆ لام کەچی هیــچ وەحــی نەکرابێ بۆ لای !

وە فەرموودەی خودا (ومن قال : سانزل مثل ما انزل الله) نازل بوە لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی سەرحدا ، ئەیوت : منیش ئەتوانم ئایەت نازڵ بکەم وەکو خودا ئایەت نازڵ ئەکا • جـا خـودا فەرمووی :

★ (ومَن قالَ : سَاُنْزِلُ مِثْلَ ما اَنْزَلَ اللّهُ) ★

کێیە زاڵمتر بێ لەو کەسە بڵێت : منیش لەمەولا ئایەت ئەتێم و نازلی ئەکەم وەکو ئەو ئایەتانە کە خودا نازڵی کردوون •

★ (ولَو تَرى اِذِ الظّالِمونَ فِي غَمَراتِ المَوتِ والمَلائِكَةُ باسِطُوا اَيدِيهِم : اَخْرِجُوا اَنْفُسَكُمْ اليَومَ تُجزَونَ عَذابَ الهُونِ بِما كُنْتُمْ تَقولُونَ عَلى اللهِ غَيْرَ الحَقِّ وَكُنْتُمْ عَن آياتِهِ تَسْتَكْبِرونَ) (٩٣) ★

ئەگەر چاوت لێبوایە لەو کاتەدا کە غەددارەکان وان لە گێژی ناهەمواری مردناو فریشتەی گیانکێشان دەستیان درێژ کردوە بـۆ گیانیان کە وەری بگرن (وە ئەمە کینایەیە لە تەحقیقی قەبزی رۆحەکەیان) وە لەو کاتەدا فریشتەکان ئەڵێن : گیانی خۆتان دەربکەن . ئەمڕۆ جـەزاتان ئەدرێتەوە بە جەزای تەحقیر بە هۆی ئەوەوە قسەی ناحەقتان ئەسەر خودا هەڵئەبەست و فیزو دەمارتان ئەکرد لە وەرگرتنی ئایاتی خودای تەعالا •• ئەوە لەو کاتەدا شتێکی بە هەیبەت و سامناکت دەبینی •

فەرموودەی خودا : (ولقد جئتمونا .. الآية)

ئیبنولمونزیرو ئیبنو ئەبی حاتەم ریوایەتیان کردوە لە عەکرەمەوە ئەڵێ : ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی نەضری کوڕی حارثدا کە ئەیوت : لە قیامەتا (لات)و (عوززا) تکام بۆ ئەکەن لە لای خودادا • جا خودا فەرمووی :

★ (وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَى كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ) ★

واتە خودا لە ڕۆژی قیامەتا ئەفەرموێت بەو کافرەو بەهاووێنەی ئەو : بە ڕاستی وا ئێوە هاتن بۆ لامان بە تاقی تەنیا یەکە یەکە بۆ مەیدانی حیساب‌و بۆ وەرگرتنی جەزای بیرو باوەڕو کردەوەی دنیاتان بە بێ ئەوە کەستان لەگەڵدا بێ • وەکو چۆن یەکەمجار دروستم کردن کە هاتن بۆ دنیا •

★ (وَتَرَكْتُمْ مَا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ) ★

وە ئەوەی کە پێمدابوون لە دارایی‌و ئەولادو خزمەکانتان بەجێتان هێشت‌و هاویشتتانە پشتی خۆتانەوە بە بێ ئەوە سوودیان لێ وەربگرن •

★ (وَمَا نَرَى مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ) ★

وە نابینین لەگەڵتانا ئەو تکاکارانە کە گومانتان وا پێ‌ئەبردن ئەوان هاوبەشی خودای تەعالان لە عیبادەتکردنی ئێوەداو عیبادەتەکەتان بۆ ئەوانیشەو بۆ خودایشە •

★ (لَقَدْ تَقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنْكُمْ مَا كُنْتُمْ تَزْعُمُونَ) (٩٤) ★

وە بە راستی بچڕاو نەما ئەو رشتەی پەیوەندە کە لە ناو ئێوەدا بو •
وە زایە بوو و ون بو لە ئێوە ئەو بتانە کە بڕواتان وابو سـوودیـان
هەیە بۆتان •

★ (اِنَّ اللهَ فالِقُ الْحَبِّ والنَّوى) ★

چۆن ئێوە تۆزێ بیر ناکەنەوە لە کاری خوداو لە تەسەڕوفاتی لـە
ئاسمانو زەویدا هەتا وا جەسارەت نەکەن کە دارو بەرد بکەن بە شەریکی ؟
بە راستی خودا ئەو خودایەتە کە هێزێکی دروستکـردوە لە دانـەی
وەشێنراو لە ئەوکی خورمای داپۆشراوا کە بڕوێنو نەشو نما بکەن بـە
تەوانایی‌و پەروەردگاری خۆی •

★ (یُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ المَيِّت ومُخْـرِجُ المَيِّتِ مِـنَ
الحَيِّ) ★

وە گیانەبەر دروست ئەکاو دەری ئەکا لە مادەیێ کـە مـردوەو
جمو‌جوولی تێدا نیە وە مادەی بێ گیانیش دەر ئەکا لە مادەی زیندو •

★ (ذلِکُمُ اللهُ فَاَنَّى تُؤْفَکونَ ؟) (٩٥) ★

ئەم ئیشە وردە سەرنجکێشە ئیشی خودایە ، ئیتر چۆن ئێـوە لـە
مولاحەزەو تەمەشای تەوانایی ئەو لا ئەدرێن بۆ لای غەیری ئەو •

★ (فالِقُ الاِصْبَاحِ) ★

خودا خودایەکی وایە کە رووناکی سبەینێ لە بەرەبەیاندا دەرئەکا لـە
پێستی رەشی بێ‌رووناکی شەو بۆ ئەوە کە گیانلەبەران هەوڵ بدەن رزقـی
خۆیان پەیدا بکەن •

★ (وجعَلَ اللَّيْـلَ سَـکَناً) ★

وە خودا خودایەکی وایە کاتی شەوی کردوە بە کاتـی ئارامـی‌و
ئاسایش بۆتان •

★ (والشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَاناً) ★

وە خودا ئەو خودایەتە کە رۆژو مانگی لە دەرکەوتنو ئاوابوونا و لە گۆڕانی مەدارو شێوەدا کردوە بە هۆی حسێب کردنو حسابڕاگرتنی ئادەمیزاد لە ماوەی ژیانا بۆ زانستو زانیاریو بۆ پیشەوەریو سنەعەتکاریو بۆ دەرکەوتنی وادەی قەرزو قۆڵەی مامەڵەو بازرگانیو ئاتاراگرتن بۆ کشتوکاڵو هاتوچۆ لەسەر پانایی عەرزاو لەسەر رووی دەریادا •

★ (ذٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٩٦) ★

ئەم رێکخستنی پێویستی ئادەمیزادە بە هۆی گۆڕانی رۆژو مانگەوە نەدبیرو رێکخستنە لە لایەنی ئەو خوداوە کە تەوانایەو زاڵە بەسەر بەجێهێنانی خواستی خۆیاو زانایە بە سەرەتاو ئەنجامی هەموو کارو کردەوەیەك •

★ (وهوَ الَّذي جَعَلَ لَكُمُ النُّجومَ لِتَهْتَدوا بِها في ظُلُماتِ البَرِّ والبَحْرِ) ★

وە ئەو خودا خودایەکە کە ئەستێرەکانی ئاسمانی رێکخستوە بۆ ئێوە لەسەر شێوەی تایبەتی خۆیان لە کاتی دەرکەوتنو ئاوابووندا بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەوانەوە شارەزای کاروبارو رێگەو رێگوزاری خۆتان ببن لە ساراو بیابانو لە کەشتیڕانیی سەر رووی دەریای بێ سامانداا •

★ (قَدْ فَصَّلْنا الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمونَ)(٩٧) ★

ئێمە ئەم ئایاتو نیشانانەمان تەفصیل داوە بۆ کۆمەڵێ کە زانانو فامی ئامۆژگاری خودای جیهان ئەکەن •

★ (وهو الَّذِي أَنْشَأَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ

ومُسْتَوْدَع) ★

ئەو خودایەکە هەموو ئێوە ی لە هەموو وڵاتێ‌و لە خاوەنی هەموو زمانێ‌و لە هەموو خاوەن شێوەو رەنگ‌و عەلامەتێ دروست‌کردوە لە یەك ئینسان کە ئادەمە ـ د ـ وە لە پاش ئەوە کە پەرەتان ســـەندو زۆر بوونو چەن لقتان لێ پەیدا بوو بلاّو بوونەوە بە جیهاناو بازە شوێنێکتـــان کرد بە جێگەی مانەوەو ئارامگرتن ، واتە کردنتان بە شـارو دێهــــات‌و ئارامتان گرت تیایانا لەبەر ئەوە کە لەگەڵ ژیوارتانا رێ‌ئەکەوت‌و بـازێ شوێنیشتان کرد بە شوێنی ئەمانەتی وە چەن کات‌و ساتێ تا دێنەوە جووڵە بۆ جێگەیێ موناسبترو بە سوودتر •

★ (قَدْ فَصَّلْنا الآياتِ لِقَوْمٍ يَفقَهونَ)(٩٨ ★

بە راستی ئایاتی رووناکی خۆمان درێژە پێدا بۆتان بۆ تێگەیاندنـــی کۆمەڵێ کە فامیدەن‌و لە مانای ژیان‌و ژیوار حاڵی ئەبن •

★ (وهو الذي انْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً فاَخْرَجْنا بِهِ نَباتَ كُلِّ شَيْءٍ) ★

وە خودا ئەو خودایەتە کە بارانی لە ئاسمانەوە نازڵ کرد بۆ ســـەر عەرزو بە هۆی ئەو ئاوی بارانەوە رواندمان بۆتان هەموو جۆرە گیـــایێ لەوەی بۆ خواردنی ئینسان وە یا باقی گیانلەبەران ئەشێ‌و لەوانەی ئەبێ بە دەرمان بۆ تیماری بریندارو دەردەدار وە لەوەی کە رووی زەوی ئەکا بە گوڵزار •

★ (فاَخْرَجْنا مِنْهُ خَضِراً نُخْرِجُ مِنْهُ حَبّاً مُتَراكِباً) ★

وە رواندمان لە گیا نەوعە گیایەکی سەوزی وا کە لە کاتی پێگەیشتنا چەن دانەیەکی یەك لەسەر یەکی بە سوودی لێ دەرئەکەین بۆ ژیـــواری ئادەمیزادو باقی گیانلەبەران •

★ (ومِنَ النَّخْلِ مِنْ طَلْعِها قِنْوانٌ دانِيَةٌ) ★

وە سەوز ئەکەین‌و دەرئەکەین لە عەرزا لە جینسی دارخورما دارخورمایەکی وا کە لە گوڵووکەکەیەوە بۆ سەر هووشە دەرئەچێ‌و ئەو هووشە دانەی خورمای لێ پەیدا ئەبێ‌و هووشەکانیش شۆڕبوونەتەوە •

★ (وجَنَّاتٍ مِنْ اَعْنابٍ والزَّيْتونَ والرُّمَّانَ مُشْتَبِهاً وغَيْرَ مُتَشابِهٍ) ★

هەروا چەن باغێك ئەڕوێنین‌و داری زەیتوون‌و داری هەنار ئەڕوێنین کە ئەو هەنارانە لەو دارانە پەیدا ئەبن بازێکیان لە ئەندازەدا لە یەك ئەچن‌و موشابەهەیان بە یەك زۆرە ، وە بازێکیان لە یەك ناچن ، واتە بازێکیان ئەوەندە پووچ‌و بێ گۆشت‌و بێ مەغزە لەو نەوعە ناچێ‌و کەس نایەوێ . ئەم نەوعە بەرە بێ قیمەتە لە باخەکانا زۆرە ، جا خودا بۆ ئیسباتی ئەم وەزعە ئەفەرموێت :

★ (اُنْظُروا اِلى ثَمَرِهِ اِذا اَثْمَرَ ويَنْعِهِ) ★

کەلیمەی (ینع) بە فەتحەی (ی)و کەسرەی «ع» مەصدەرە بە مانا پێ گەیشتنە • واتە لە کاتی بەرپەیدابوونی ئەو دارەدا بڕوانن بۆ گەیینەکەی هەتا باش حاڵی بن کە بازێ لەو بەرانە باشن‌و بازێکیان زۆر پووچ‌و بێ نرخن •

★ (اِنَّ فِي ذلِكُمْ لَآياتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنونَ)(٩٩) ★

بە راستی هەیە لەم جۆرە تەسەڕوفات‌و تەئسیراتە لە جیهاناو لە زەوی‌و ئاسمانا چەن دەلیلێکی بە قیمەت لەسەر وجوودی زاتی پەروەردگاری (واجب الوجود)و لەسەر یەکێتی ئەوو لەسەر عیلم‌و حیکمەتی لە هەموو کارێکدا بۆ ئەو کەسانە کە ئیمان دێنن ئەنا ئینسانی بێ ئیمان لە هیچ ئایەتێ دەرز وەرناگرێ بە دەرزێ کە سوودی هەبێ •

★ (وجَعَلوا للهِ شُرَكَاءَ الجِنَّ وخَلَقَهُمْ) ★

لە گەڵ ئەم هەموو ئاساری وجوودی خودای تاکو تەنیادا ئـــەو کافرانە هەتوون شەیاتینیان کردوە بە شەریك بۆ خودا وەلحاڵ ئەیشزانـن بەوە کە خودا دروستی کردوون نەك ئەو شەیاتینە •

★ (وخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ) ★

وە هەیـن بەستوە بۆ خودای تەعالا چەن کوڕو کچێ وەکو ئــەوە کە یەهوود ئەڵێن : (عوزەیر) کوڕی خودایە ـ پەنا بە خودا ـ و گاورەکـان ئەڵێن : عیسای مەسیح کوڕی خودایە، باقی کافرەکان ئەڵێن : مەلائیکەکان کچی خودای تەعالان ، وە ئەم ئەخلاقە ناپەسەندەیشیان لەگەڵ عیلمو زانستا نیەو بەس بە تەقلیدی بازێ ئینسانی نەزان لە باوكو باپیرەی خۆیان ئـەم قسانە ئەکەن •

★ (سُبْحَانَهُ وتَعالى عَمَّا يَصِفُونَ)(١٠٠) ★

پاکیو بێ عەیبی بۆ خودایە لەو عەیبانە کە ئەوان نیسبەتیان لە زاتی خودا ئەدەن •

★ (بَدِيعُ السَّمواتِ وَالاَرْضِ) : ★

ئەو خودایە خالیقو دروستکەری ئاسمانەکانو زەویە لە نەبوونەوە بە بـێ وێنە •

★ (اَنَّى يَكونُ لَهُ وَلَدٌ ولَمْ تَكُنْ لَهُ صَاحِبَةٌ ؟) ★

چۆن زاتی وەها خاوەن تەواناییو بێ نیاز نەتەوەی ئەبێ وەلحـــاڵ ژنی نیەو پەیوەندی لەگەڵ عالەمی موحتاج بە نەتەوە نیەو هەر بوەو هــەر ئەبێو پێویستی بە پارازتنی نەوع نیە ؟

★ (وخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (١٠١) ★

وە هەموو شتێکی دروست کردوە لە نەبوونەوەو بە هەموو شتێکیش زانایە •

★ (ذٰلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمْ لا اله الاّ هوَ خالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فاعْبدُوهُ وهوَ على كُلِّ شَيْءٍ وكِيل") (١٠٢) ★

ئەو زاتە باسمان کرد ناوی (الله)یەو ، هیچ خودایە نیە ئەو نەبێ دروستکەری هەموو شتێکە ، دەی عیبادەت‌و بەندەیی بۆ بکەن ، ئەو نیگابان‌و چاودێری هەموو شتێکە •

★ (لا تُدْرِكُهُ الاَبْصارُ وهو يُدْرِكُ الاَبْصارَ وهوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ) (١٠٣) ★

چاوانی سەر کە مادە بینن ئیحاطە نادەن بەودا ئەو دەرکی چاوان‌و خاوەن چاوان ئەکا ، لە بەر ئەوە چاو دەرکی ناکا کە لەطیف‌و نازکەو ، لە بەر ئەوەیش چاوان‌و خاوەن چاوان دەرك ئەکا کە خەبیرو ئاگادارە بە هەموو شتێك •

بزانن ! مەسرووق ـ خ ـ ئەڵێ : پاڵم دابوەوە لە لای (ام المؤمنين) عائیشەدا ـ خ ـ فەرمووی : سێ شت هەن هەرکەس زمانی هەڵسوڕێ بە یەکێ لەوانە ئەوە درۆیەکی گەورەی کردوە لەسەر خودای تەعالا •

یەکەم : کەسێ باوەڕی وابێ کە محمد لە دنیادا خودای چاوپێکەوتوە ئەوە درۆی هەڵبەستوە ، خودا فەرموویەتی : (لا تدركه الابصار وهو يدرك الابصار) . (وما كان لبشر ان يكلمه الله الا وحيا او من وراء حجاب)، ئەڵێ منیش دانیشتم وتم : ئەی دایکی موسوڵمانان مۆڵەتم بدەو پەلەم لێ مەکە ! ئەی ئەوە نیە خودا فەرموویەتی : (ولقد رآه نزلة اخرى) ئەی نەیفەرموە : (ولقد رآه بالافق المبين) ؟ ئەویش فەرمووی : من خۆم یەکەم کەس بووم کە ئەم پرسیارەم لە حەزرەت کرد ، فەرمووی : ئەوەی

کە من چۆم پێکەوتوە جوبرەئیل بوە کە لە صوورەتی خۆیا نەمدیوە ئـەو دوو جارە نەبێ •

دووەم : کەسێ باوەڕی وەهابێ کە محەمەد کەتمی شتێکی لە وەحی کردوە ئەوە درۆی هەڵبەستوە لەسەر خودا ، خودا فەرموویەتی : (یا أیها الرسول بلغ ما انزل الیك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته) •

سێیەم : هەرکەسێ باوەڕی وابێ کە محەمەد عیلمی غەیبی بوەو لـە خۆیەوە بە ڕووداوی داهاتووی زانیوە ئەوە درۆی هەڵبەستوە • خــودا فەرموویەتی : (قل : لا یعلم من في السموات والارض الغیب الا الله) ئەمە تا ئێرە ڕیوایەتی ترمزیو موسلیمو بوخاری بوو •

پێویستە بزانن کە بڕیار دراوە لە دینی ئیسلاما کە عیلمی غەیـب بە مانای ئەو صیفەتە ذاتیە کە لەگەڵ زاتا هەیە (مادام الذات) هەر بۆ زاتی خودایەو خودا فەرموویەتی : (لا یعلم الغیب الا الله) • وە ئـەوە کـە پێغەمەران – د – ئەیزانن (اظهار الغیب)ە نەك (علم الغیــب) خــودا فەرموویەتی : (ولا یظهر علی غیبه احدا الا من ارتضی من رسول)وە ئەم (اظهار الغیب)ە کە لە بۆ پێغەمەرانو (اولیاء الله)هەیە ئەمەیە خــودای تەعالا لە کاتی تایبەتیدا دڵی ئەو ئینسانە وەها نوورانی ئەکا وەکو بەرقی بە هێز کە پەردە ئەدڕێ بۆ دوورو نزیكو بۆ زەویو ئاسمانو بۆ مردوو زیندوو کەشفی ئەوەی بۆ ئەکرێ کە خودا بڕیاری داوە ، وە ئـەم حاڵەتــە کـە (اظهار الغیب)ە بۆ خوداو (ظهور الغیب)ە بۆ ئەو پێغەمەرە یا ئەو وەلیە ئەوەندە مەعلوومەو قەطعیە هەموو موسلمانێکی ساغ ئەیزانـێو باوەڕی پێ ئەنێو شوێنی گومان نیە •

بەڵام بینینی خودای تەعالا لە دنیادا ئەوە لەسەر زاهیــری ئـەو حەدیثە کە بە مەعنا ڕیوایەتیان کرد لە دنیادا بۆ کەس ڕێك نەکەوتوە بەڵام گەلێ لە عەلمانی دینو ئیبنو عەبباس لەسەر ئەوەن کە حەزرەت لە شەوی میعراجدا دوو جار زاتی خودای دیوە بە دیتنێ کە شیاوی ئـەو بـێ وە

ئەنەس ـ وەك ئیبن‌و خوزەیمە ریوایەتی کردوە ـ فەرموویەتی : محەمـەد خودای بینی • وە ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە ـ خ ـ لە تەفسیری (ما کذب الفؤاد ما رای ولقد رآه نزلة اخـری عند سـدرة المنتهـی)دا فەرموویەنی : دووجار بە دڵی خودای دیوە • بەڵام دیارە مەبەسـتی چاوی دڵە نەك چاوی سەرە •

وە ریوایەت کراوە لە ئەبو ذەڕەوە ئەڵێ : لە پێغەمەرم پرسی : خودات بینی ؟ فەرمووی : ئەو نوورێکە چۆن ئەبینرێ ! ئەمەیش موسلیم‌و ترمزی ریوایەتیان کردوە • ئەم حەدیثەیش تەئییدی ئەوە ئەکا کە چاوپێکەوتنی بە دڵ بوە •

★ (قَدْ جاءَكُمْ بَصائِرُ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِ ومِنْ عَمِيَ فَعَلَيْها وما أَنا عَلَيْكُمْ بِحَفِيظٍ) (١٠٤) ★

ئەی هۆشیاران بە راستی گەلێ هۆی تێگـەیشـتنتان لـە لای پەروەردگاری خۆتانەوە بۆ هات لە ئایاتی روونالەو موعجیزات‌و کارەساتی گەورە دەی هەرکەسێ رێگەی راست ببینێ ئەوە بۆ سـوودی خـۆی ئەیبینێ . وە هەرکەسێ کوێر بێ‌و چاوی دڵی راستی نەبینێ ئەوە لەسەر زیانی خۆی کوێر ئەبێ‌و من لەسەر ئێوە نەکراوم بە نیگابان بەس تەبلیغم لەسەرە •

★ (وكَذلِكَ نُصَرِّفُ الآياتِ ولِيَقُولُوا دَرَسْتَ) ★

وە هەر بەو جۆرە کە خۆت ئەیزانی ئایاتم گۆڕیوەو باسی وەعـدو وەعیدو سەرگوزەشتەی قەدیمەم بۆ کردوون‌و مەیدانی ئەوە ئەدەم بڵێن بە تۆ : کە ئەم قورئانەت بە دەرز خوێندوەو لە زانایانی رووداوی قەدیمەوە وەرت گرتوە ؛ چونکی لە هەموو عەهدو چەرخێکدا لە کاتی هاتنی رەهبەرانا کۆمەڵێ بوون کە نامەرد بوون‌و بەرانگاری ئەو تەمێی ئەوانە بوون هەروا

کۆمەڵەیەکیش بوون کە لە راستی حاڵی بوونو ئایەتەکانیان بە تـــەواوی وەرگرتوە ، وەکو ئەفەرموێت :

★ (ولِنُبَيِّنَهُ لِقَوْمٍ يَعْلَمونَ)(١٠٥) ★

وە تا حوکمی خۆمانو مانای ئایەتەکان رووناك بکەینەوە بۆ کۆمەڵێ لە ئومەتی فامیدەی زانای هۆشیار •

★ (اِتَّبِعْ ما اُوحِيَ اِلَيْكَ مِنْ ربّكَ لا اِلهَ اِلاَ هُـــوَ واَعْرِضْ عَنِ المشركين) (١٠٦) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بکەوەرە شوێنی ئەو قورئانە کە لە لایەنی خودای خۆتـــەوە هاتـــوە بۆتو غـــەیری ئـــەو خودای تۆیە هیچ خودایە نیە ؛ وە روو هەڵسووڕێنە لەو کافرە موشریکانـــەو باوەڕ بە قسەیان مەکەو لە ئازاریان تێك مەچۆ •

★ (ولَوْ شاءَ اللهُ ما اَشْرَكوا) : ★

ئەگەر خودا خواستی بوایە ئەم کافرانە ئیشراکیان نەدەکرد •

★ (وما جَعَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً) ★

ئێمە تۆمان نەگێڕاوە بە موراقیب بەسەر ئەوانەوەو تۆ بێپرســـراوی حاڵی ئەوان نیت •

★ (وما اَنْتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ) (١٠٧) ★

وە تۆ لەسەر ئەوانە وەکیلو موهەیمین نیت •

فەرموودەی خودا : (ولا تسبوا الذين ..)

ریوایەت کراوە لە قەتادەوە ئەڵێ : موسوڵمانەکان جنێویان ئـەدا بـە بتەکان جا کافرەکانیش لە داخا ئەهاتن جنێویان ئەدا بەخودا ـ پەنا بـــە خوا ـ •

وە ڕیوایەت کراوە لە ئیبن و عەبباسەوە ئەڵێت : موشریکەکان وتیان بە حەزرەت : تۆ دەسبەرداری بتەکانی ئێمە بەو جنێویان پێ مەدە ئەگەرنا ئێمەیش جنێو ئەدەین بە خودیا تۆ !

جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی :

★ (وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ فَيَسُبُّوا اللهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ) : ★

جنێو مەدەن بەو بتانە کە کافرەکان بانگیان ئەکەن و بێجگە لە خوا ئەیان پەرستن تا ئەوانیش جنێو بدەن بە خودا • بە ستەم و بە نەزانی و نەفامی •

★ (كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ) : ★

وەکو ئەم کافرانەو وەزعی ئەم کافرانە چۆنە لە حەزکردن لە بیروباوەڕی خۆیان و لە کردەوەکانیان و جوانبوونی لە پێش چاویان •• جوانمان کردوە بۆ هەموو ئومەتێ کردەوەیان •

★ (ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (١٠٨) ★

لە پاش تەواوبوونی چەرخی ئەم ژیانەیان گەڕانەوەیان هەر بۆ لای خودایە . جا خودا خەبەرداریان ئەکا بەو کارانە کە ئەوان کردوویانن •

فەرموودەی خودا : (واقسموا بالله ••)وە ئایەتی دوای ئەو •

ئیبن و جەریر ریوایەتی کردوە لە محەمەدی کوڕی کەعبی قەرەظیەوە ئەڵێ : قورەیش هاتن قسەیان کرد لەگەڵ حەزرەتا ـ د ـ وتیان : تۆ ئەزانی و ئاگادارمان ئەکەی کە حەزرەتی موسا بە عاساکەی دای لە بەردێ و دوازدە سەرچاوەی ئاوی لێ پەیدا بوو • وە عیسا مردووی زیندوو ئەکردەوە • وە صالح وشترێکی هێنا بۆ (ثەموود) •• دەی تۆیش

نیشانەیەکی وەها بێنە لەسەر ریسالەتی خۆت هەتا ئیمانت پێ بهێنین ! جا حەزرەت فەرمووی : حەز ئەکەن چیتان بۆ بێنم ؟ ئەوانیش وتیان : تەپۆلکەی (صەفا)مان بۆ بکە بە ئاڵتوون جا باوەڕت پێ ئەکەین ! ئەویا حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : یا رەببی فریامان بکەوە ! جا جوبرەئیل هات بۆ لای فەرمووی : ئەگەر ئەتەوێ صەفا ئەکەم بە ئاڵتوون‌و ئەگەر ئیمانیان نەهێنا ئەوسا عەزابیان ئەدەم . جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوەو فەرمووی :

★ (واَقْسَمُوا بِاللهِ جَهْدَ اَيْمانِهِمْ لَئِنْ جاءَتْهُمْ آيَةٌ لَيُؤْمِنُنَّ بِها) ★

واتە ئەو کافرانە سوێند ئەخۆن بە خودا بە سوێندێکی بە دڵ ئەگەر لە لایەنی خوداوە موعجیزەیەکیان بۆ بێت ئیتر ئیمان دێنن بە حەزرەت‌و موعجیزەکەی •

★ (قُلْ : اِنَّما الآياتُ عِنْدَ اللهِ وما يُشْعِرُكُمْ اَنَّها اِذا جاءَتْ لا يُؤْمِنونَ ؟) (١٠٩) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو موشریکانە : بە راستی ئایات‌و موعجیزات هەموو وان لە قەبزەی قودرەتی خودادا هەر کاتێ خواستی هەبێ ئەتوانێ هەموو موعجیزەیێ دروست بکا ، بەڵام چی ئێوەی حاڵی کردوە ئەو ئایەتانە کە هاتن ئێوە ئیمان نایەنن ؟ واتە ئێوە بەوە نازانن بەڵام من ئەزانم ئەو ئایەتانەیش دەربخەین هەر ئیمان ناهێنن‌و ناردنی ئایات بۆ قەومی ئینکار سوودی نیە •

★ (ونُقَلِّبُ اَفْئِدَتَهُمْ واَبْصارَهُمْ كَما لَمْ يُؤْمِنوا بِهِ اَوَّلَ مَرَّةٍ) ★

وە چی ئێوەی حاڵی کردوە لەوە کاتێ کە ئەو ئایەتانە بنێرین هەروا وەکو پێشان دڵیان وەرئەگێڕین لە وەرگرتنی راستیو چاویان ئەبلەق ئەکەینو نە بیر ئەکەنەوە لە موعجیزاتی مەعنەویەدا وەکو ئەسراری قورئانو نە تەماشای شتی بەرچاوی ئەکەنو لەسەر حاڵەتی نەزانیو دڵرەقی پێشوویان ئەمێننەوە وەکو ئەوەڵ جار کە ئایاتیان بۆ نەهاتبوو و ئایەتیان نەدیبوو •

★ (وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ) (١١٠) ★

وە ئەوان هێڵینەوە لەو حاڵی توغیانو لەحەق لادانیانەدا بە سەرگەردانیو بە حەیرانی •

★ (وَلَوْ اَنَّنَا نَزَّلْنَا اِلَيْهِمُ الْمَلٰئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتٰى وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلاً مَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا اِلاَّ اَنْ يَشَاءَ اللهُ وَلٰكِنَّ اَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ) (١١١) ★

وە ئەگەر ئێمە بە خیلافی عادەت فریشتەکان بنێرینە خوارەوە بۆ لایانو مردووەکان قسەیان لەگەڵدا بکەنو هەموو دڵخوازو داواکراوێکی ئەوان گردبکەینەوە بە چین چینو کۆمەڵ کۆمەڵ •• ئەوان لەوانە نین ئیمان بێنن مەگەر خودا خواستی هەبێ ، بەڵام گەلێ لەم کافرانە نەفامنو نازانن بە حەقیقەتی حاڵ •

★ (وَكَذٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الْأِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ اِلٰى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً) ★

وە تۆ ئەی رەهبەر دڵت لە خۆت دانەمێنێ ؛ چونکی شێوەی ئادەمیزاد بەرابەر بە رەهبەران لە هەموو زەمانێکدا وا بوە ، وە لە هەموو کاتێکا قەرارمان داوە بۆ هەر رەهبەرێ گەلێ لە ئیبلیسە مەلعوونە دوور لە رەحمەتەکان لە ئادەمیزادو لە دێوان ، وە بازێکیان ئەخەنە دڵی بازێکیانەوە

لە وێنەی بێ سەرو پێو بێ بناغە لەبەر بایی بوونیانو لادانیان لە ڕێگەی ڕاست •

★ (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ) (١١٢) ★

وە ئەم کارانە هەرچەند خودا حەزیان پێ ناکا بەڵام ئەگەر خواستی نەبوایە لەسەریان ئەوانیش ئەوەیان نەدەکرد وە خواستەکەیش لەسەر یاسای سوننەتوڵڵاو حیکمەتو بەدکاری ئەو کافرانەیە کە مۆڵەت دراون لەسەر کردەوەی خێرو شەڕ • دەی وازیان لێ بێنن با لەسەر فیتنەو ئاسووبی خۆیانو هەڵبەستنی شتی درۆ دەوام بکەن تا کاتی خۆی •

★ (وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا ما هُمْ مُقْتَرِفُونَ) (١١٣) ★

وازیان لێ بێنە با ئەوانەیش کە ئیمانیان نیە گوێ بگرن لەو شەیتانە بەدبەختانە وە ڕازی بین بە قسەکانیانو کەسبی ئەوە بکەن کە دڵخوازیانە تا کاتی ئەوە دێ کە هەقی ئەوەڵو ئاخریان لێ ئەسێنێنم •

★ (أَفَغَيْرَ اللهِ أَبْتَغِي حَكَماً وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً ؟) ★

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست : ئایا من داوای حەکەمێو فەرمانڕەوایی غەیری خودا ئەکەم وەلحاڵ خودا ئەوە بە تەنیا کە ئەم کتێبە گەورە بە ترخەی ناردوەتە خواردوە بۆ لاتان بە ڕەساییو ڕوونکی ؟

★ (وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِنْ رَبِّكَ بِالْحَقِّ) ★

وە ئەو کۆمەڵەیش کە کیتابمان پێداون لە یەهوودو نەصارا بە راستی ئەزانن ئەم کتێبە کە قورئانی پیرۆزە لە لایەنی خوداوە هاتوەتە خوارەوە بە شێوەی راستی بۆ ئامۆژگاری ئادەمیزادو دوورخستنیان لە نارەوایی بیرو باوەڕو کردەوە ، وە ئیستە لە بەر عەنادو نامەردی دانی پیا نائێن •

★ (فَلا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ) (١١٤) ★

دە تۆ قەت لەوانە مەبە کە خاوەن وەسوەسەو دوو دڵن لەوەدا کە ئەهلی کیتاب ئەزانن ئەم قورئانە لە لایەنی خوداوە هاتوەتە خوارەوە •

★ (وتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقاً وعَدْلاً لا مُبَدِّلَ لِكَلِماتِهِ وهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) : (١١٥) ★

وە بزانە کە ئایاتی خوداو کەلامی خودا کە نازڵ بوە بۆ لای تۆ گەیشتوەتە سەر بەرزی باڵا لە راستیداو لە ئیعتیدالاو لە میانەکاریدا وە کەس ناتوانێ یەکێ لەو حوکمانە بگۆڕێ بە چاکتر لەوە ؛ چونکی کەلامی کەسێکە کە هەموو علمو حیکمەتێ لەوەوە ئەگات بە عالەم وە یاخود کەس ناتوانێ کەلیماتی ئەو کەلامە بگۆڕێ ، چونکی خودا خۆی حافیزو نیگابانی ئەو کەلامەیەو خودا هەموو شتێ ئەبیسێو بە هەموو شتێ ئەزانێ •

★ (وإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەگەر فەرمانداری زورمەی ئەهلی عەرز بکەی گومرات ئەکەنو دوورت ئەخەنەوە لە رێگەی خودا •

★ (إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ) (١١٦) ★

چونکی ئەوانە هەر بە شێوەی گومانو تەخمین رەفتار ئەکـەنو تابیعی گومانی خۆیان ئەبنو گومانکاری هیچ سوودی نیە •

★ (اِنَّ رَبَّكَ هو اَعْلَمُ مَنْ يَضِلُّ عَنْ سَبِيلِهِ وهـوَ اَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) (١١٧) ★

بە راستی پەروەردگاری تۆ عالمترە لە تۆ بەو کەسانە کە گومـڕا بوونو دوورکەوتوونەتەوە لە رێگەی خودا کە مەنهەجی حەقیقەتـی ئیسلامەو ئەو عالمترە بەوانە کە شارەزای رێگەی راستن •

فەرموودەی خودا : (فكلوا مما ذكر اسم الله ..)

ئەم ئایەتە لە شانی جەماعەتێ لە جوولەکەدا هاتوەتە خوارەوە کـە هاتنە لای حەزرەت ـ د ـ وتیان : ئەی محەمەد ئێمە گۆشتی ئەو حەیوانانە ئەخۆین کە خۆمان ئەیان کوژین ، ئەی چ عەجەب گۆشتی ئەو حەیوانانە ناخۆین کە خودا ئەیان کوژێ ؟ واتە مردارەوەبـوەکـان ، جا خـودا فەرمووی :

★ (فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ اِنْ كُنْتُمْ بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ) (١١٨) ★

بخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانانە کە ناوی خودایان لەسەر ئـەبرێ لە کاتی سەربڕینیاندا ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ئایەتەکانی خودا هەیە •

★ (ومَا لَكُمْ اَلاَّ تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللهِ عليْهِ وقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ ما حَرَّمَ علَيْكُمْ اِلاَّ ما اضْطُرِرْتُمْ اِلَيْهِ ؟) ★

چیتان دەست ئەکەوێ ئەگەر نەخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانانە کـە ناوی خودایان لەسەر براوە لە کاتی سەربڕینیانا وەلحاڵ خـودای تەعـالا

تەفصیلی داوه بۆتان ئەو حەیوانانه که حەرام کراون لەسەرتان مەگــەر له کاتی ناچاریتانا بۆ ئەوانه ؟

★ (وَاِنَّ كَثِيراً لَيُضِلُّونَ بِاَهْوائِهِمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ) ★

وه به راستی زۆر له ئادەمیزاد گومڕا ئەبن به هــەوی ئارەزووبازی خۆیانەوه به بێ ئەمه که به گوێرەی زانست بڕۆن به ڕێدا •

★ (اِنَّ رَبَّكَ هوَ اَعْلَمُ بِالمُعْتَدِينَ) (١١٩) ★

به راستی خودای تۆ زاناتره له هەموو کەسێ بەوانه که له سنووری دین دەرئەچن •

★ (وذَروا ظَاهِرَ الاِثْمِ وباطِنَهُ) ★

ئەی هۆشیاران تەرکی هەموو گوناهێکی دیاری بکەن لەوانــه کــه بــه بــەدەن ئەکــرێ بــه دەستو پێو دەمو چــاوو گوێچکەو زمــانو دەمو عەورات ، وه هەموو گوناهێکی پەنامەکیی لەوانەی که وان له دڵدا وەکو بیرو باوەڕی خراپو ڕەزیله لــه وێنەی کینــەو ئارەزووی خراپو رق گرتنو خەڵك به سووك زانین •

★ (اِنَّ الَّذينَ يَكْسِبونَ الاِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِما كانُوا يَقْتَرِفونَ) (١٢٠) ★

به راستی ئەو کەسانه که کەسبی تاوانی دیاری یا نادیاری ئــەکــەن له پاشەکانی نزیکدا تۆڵەیان لێ ئەکرێتەوه لەســەر ئەو تاوانانــه کــه کردوونیان •

فەرموودەی خودا : (ولا تأكلوا مما لم يذكر اسم الله عليه ..)

طەبەرانیو ئیبنو جەریر ریوایەتیان کردوه له ئیبنو عەباســەوه ـ خ ـ ئەڵێ : کاتێ ئایەتی (ولا تأكلوا مما لم يذكر اسم الله عليــه) هاتــه خوارەوه قەومی فارس جوابیان نارد بۆ لای عەرەبی قورەیش که : بڕۆن

موجادەلە بکەن لەگەڵ محەمەداو پێی بڵێن : چۆن ئەوەی کە تــۆ بــە دەستی خۆت سەری ببڕی حەڵاڵەو ئەوەی کە خودا سەری ببڕێ حەرامــە (واتە مردارەوەبوو) ؟

جا خودا ئەم ئایەتـــەی ناردەخـــوارەوە • و ە ئیبـــن‌و عەباســـ فەرموویەی : (الشیاطین) فارسەو (ئەولیاکان) یان قورەیشە جا خودای تەعالا ئەفەرموێت :

★ (ولا تَأْكُلوا مِمّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ وإنَّــــهُ لَفِسْقٌ) ★

واتە مەخۆن ئەی موسوڵسانەکان گۆشتی ئەو حەیوانە سەربــڕاوە کە ناوی خودا نەبرابێ لە کاتی سەربڕینیاو خواردنی گۆشتی حەیوانـــی وەها دەرچوونە لە سنووری دین •

★ (وإنَّ الشَّــيَاطِينَ لَيُوحـــونَ إلى أوْلِيــائِهِـــمْ لِيُجادِلوكُمْ) ★

وە ئەو شەیتانانە ئەگەیەنن بە دۆستانی خـۆیان لـــە کافرانـــی قورەیش بازە واتەیەکی پووچی بێ سەرو پێ بۆ ئەوە کە موجـادەلـــەتان لەگەڵدا بکەن‌و ئازاری دڵتان بدەن •

★ (وإنْ أطَعْتُموهُمْ إنَّكُمْ لَمُشْرِكونَ) ★ (١٢١)

وە ئەگەر ئێوەیش لەسەر فەرمانی ئەوان رەفتار بکەن ئێوەیشـــ لە موشریکەکان ئەژمێررێن •

جا لە حەیوانێکی سەربڕاوا یا لە نەچیرێکدا کە ناوی خودای لەسەر نەبرابێ ئیمامە موجتەهیدەکان گەلێ راو بیریان دەربڕیوە :

یەکەم : ئەگەر بە عەمدی تەرکی ناوی خودای کرد لەسەریان ئەوە حەرامن . وە ئەمە بیری ئیمامی حەنەفی‌و ئەصحابەکانیەتی ؛ وە ئیمامـــی

مالیك‌و ئیبن‌ولقاسمی شاگردی لەسەر ئەم بیرەن ، وە ئەگەر بە سەهـو ناوی خودای نەبردبێ ئەوە گۆشتیان ئەخورێ •

دووهەم : ئەگەر بە عەمدی یا بە سەهو تەرکی ناوی خودای لەسەر کردبێ هەر گۆشتیان ئەخورێ‌و مەبەس لە ناو نەبردنی خودا ئەوەیە کـە ناوی بتەکانیان لەسەر برابێ ، وە ئەمە بیروڕای ئیمامی شافیعی‌و حەسەنی بەصریەو • ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەباس‌و عەطاو ئەبو هـورەیـرەو سەعیدی کوڕی موسەییب‌و جابیری کوڕی زەیدو عـەکرەمـەو ئەبـو عەیاض‌و ئەبو رافیع‌و طاوس‌و ئیبراهیمی نەخەعی‌و عەبدوڕەحمانی کـوڕی ئەبو لەیلاو قەتادەوە ، وە ریوایەتیش کراوە لە ئیمامی مالیکەوە ـ خ ـ •

سێهەم : ئەمەیە کە بە عەمدی تەرکی ناوی خودا بکا یا بە سەهـو هەر حەرامە •

چوارەم : ئەگەر بە عەمدی تەرکی ناوی خودا بکا گۆشتەکـەی حەرام نابێ بەڵام مەکرووهە •

پێنجەم : ئەمەیە کە تەرکی ناوی خودا بە عەمدی گۆشتەکەی حەرام ناکا مادام ئەو تەرکە لەسەر گاڵتەکردن نەبێ •

فەرموودەی خودا : (أو من كان ميتا فأحييناه ••)

ئیبنولمونذیرو ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەتیان کردوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەڵێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی عومەری کوڕی خەطاب‌و ئەمری کوڕی هیشامدا کە مەشهوورە بە ئەبو جەهـل ئەمانـە لەبـەر گومڕایی وەکو مردوو وا بوون ، وە بـە بارانـی میهرەبانـی ئیمـان عومەری کوڕی خەطابی زیندوو کردەوەو فەرمووی :

★ (أَوَ مَنْ كانَ مَيْتاً فأَحْيَيْناهُ وجَعَلْنا لهُ نوراً يَمْشِي بِهِ فِي النّاسِ كمَنْ مَثَلُهُ في الظُّلُماتِ لَيْسَ بِخارِجٍ مِنْها ؟)★

ئایا ئەو کەسە کە مردوە بە گومڕاهی جا ئێمە بە تەوفیق‌و یارمەتـی غەیبی‌و هیدایەت زیندوومان کردەوەو بە پڕتەوی ئیمان‌و باوەڕی ڕاست ڕووناکی‌و چرایەکی پڕ لە زەیتی مەعریفەتم بۆ هەڵگیرساند کە بە هـۆی ئەوەوە بڕوا بە ناو ئادەمیزادا لە خۆشی‌و ناخۆشی‌و تاریکـی ڕۆژگاردا وەکو یەکێ ئەبێ کە وێنەی ئەو لە تاریکستانا بێ‌و تاریکی دڵ‌و کوێـری‌و تاریکی شەوو تاریکی چەرخی بەسەرا هاتبێ بە نەوعێ کە نەتوانێ لـەو تاریکییانە دەرچێ ؟ ـ حاشا وە کەللا ـ ئەم دوو ئادمیزادە وەکو یـەك نین •

★ (کذلِكَ زُیِّنَ لِلْکافِرینَ ما کانُوا یَعْمَلونَ) (١٢٢) ★

وەکو چۆن جوان کراوە لەبەر چاوی موسوڵمانانا ئیمـان‌و بیـرو باوەڕی جوان‌و کـردەوەی پەسەنـدی ئینسانانـەو موسوڵمانانـە •• وەها جوان کراوە لەبەر چاوی کافرەکانا ئەوەی کە ئەوان ئەیکەن لـە ڕەفتاری ناشیرین‌و کردەوەی ناهەموار کە سەرەنجامـی بیروبـاوەڕی ناهەموارە •

★ (وکذلِكَ جَعَلْنـا في کُلِّ قَرْیَةٍ اَکابِـرَ مُجْرِمیهـا لِیَمْکُرُوا فیها) ★

هەروا لە هەموو ئاوەدانیەکدا پیاوە گەورە دەسـت ڕۆیشـتوە تاوانبارەکانم کردوە بە کەسانێ کە ناشیرینی کردەوەی خۆیان لە بەرچاوا جوانە لەبەر ئەوە کە لەسەر یاسای هەوای ژیانی جیهانی خۆیانە وە ئێمەیش لەسەر یاسای مۆڵەتدانی خۆمان بەرەڵلامان کردوون تا ماوەیێ با بە هەموو جۆرێ هاتوچۆ بکەن لە جیهاناو مەکرو حیلە بکەن لەگەڵ موسوڵمانانـاو لەگەڵ ئەوانەدا کە هاوبیریان نین •

★ (وما یَمْکُرونَ اِلاّ بِاَنْفُسِهِم وما یَشْعُرونَ) (١٢٣) ★

بەڵام ئەوانە هەر مەکرێ بکەن هەر مەکر بە نەفسی خۆیان ئەکەن نەك بە کەسی تر ؛ چونکی هەرچەن بە زاهیر زیان ئەدەن لــە فەقیــرو هەژارو داماوان ، بەڵام ئەنجامەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆیانو زیانــی دنیاو قیامەت لــە خۆیان ئەدەن ، ئەمما لــە دنیادا لەبــەر ئــەوە زاڵ بوون بەسەر حاڵو ماڵو پایەدا وەختیو بێ دەوامە ، وە ئەمما بۆ دواییش خودا ئاگادارەو تۆڵەی لێ ئەکاتەوە •

فەرموودەی خودا : (واذا جاءتهم آية ... الآية)

ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە شانی ئەبو جەهلو بازێ لە قورەیشدا ؛ وتیان : ئێمە مونافەسەمان کرد لەگەڵ بەنو عەبدی مەنافدا هەتا ئێمــەو ئــەوان بووین بە دوو ویڵداشو ئیستە ئەوان داوای ســەرۆکایەتــی مەعنــەوی ئەکەنو کەسێکیان تیا پەیدا بوە داوای ریسالەت ئەکاو ئێمە باوەڕمــان نیە بەوان هەتا ئەو فریشتە دێتە لای ئەوان بێتە لای ئێمەیشو خەڵاتــی ریسالەت نازڵ ببێتە سەر ئێمەیش ! جا خودا فەرمووی :

★ (وَاِذا جاءَتْهُمْ آيَةٌ قالُوا : لَنْ نُؤْمِنَ حَتّى نُؤْتــى مِثْلَ ما اُوتِيَ رُسُلُ اللهِ) ★

وە هەر کاتێ ئایەتێ لە لایەنی خوداوە نازڵ ببێو بگا بەو قورەیشانە ئەڵێن : ئێمە باوەڕ ناکەین بەم ئایەتە هەتا وێنەی ئەوە کە هاتوە بۆ ئەوان بێتە خوارەوە بۆ سەر ئێمەیش •

★ (اللهُ اَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسالَتَهُ) ★

بەڵام ئەو کافرانە بێ شوعوورن لــەو داوادا کــە ئەیکــەن ، پێغەمەرایەنی بە تایفەو قەرەباڵغی نیەو بە دەستڕۆیین نیە ، هــەروا بــە کەسبو هەوڵدانیش نیە . بەڵکو بە رەحمەتو میهرەبانــی خودایــەو

خۆی کێ هەڵبژێرێ بۆ ئەم خەڵاتە هەڵی ئەبژێرێ ، وەکو ئەفەرمویت لە ئایەتەکەدا :

★ (سَيُصِيبُ الَّذِينَ اَجْرَمُوا صَغَارٌ عِنْدَ اللهِ وعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُوا يَمْكُرُونَ) (١٢٤) ★

لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەگات لە لایەنی ئێمەوە بەو کەسانە کە تاوانبارن‌و لەسەر تاوانباری دەوام ئەکەن .. داماوی‌و رسوایی‌و سووکی لە لای خودادا لە رۆژی قیامەتاو عەزابێکی سەخت‌و دشوار بە هۆی ئەو فرِوفێڵەوە کە لەگەڵ بێ دەستان‌و موسوڵمانانا ئەیکەن . ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ دڵگران مەبە لە حاڵی ناباری ئەو کافرانە .

★ (فَمَنْ يُرِدِ اللهُ اَنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلاِسْلامِ) : ★

ئەو کەسەی کە خودا بە عینایەتی خۆی بیەوێ هیدایەتی بداو رووی بکات لە خێرو پیرۆزی سینەی گوشاد ئەکاتەوە بۆ وەرگرتنی بیرو باوەڕی ئیسلام‌و بۆ بەجێ‌هێنانی بەندەکانی‌و خوو رەوشتی بەرزی پێ ئەدا .

★ (ومَنْ يُرِدْ اَنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَاَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ) : ★

وە ئەو کەسەیش کە بیەوێ گومڕای بکا سینەی تەنگ‌و تاریك ئەکاو پڕی ئەکا لە ئازارو بێزاری کاتێ ئەیەوێ لەو حاڵەتەدا باری گران ئەبێ وەك ئەوە وایە بەرزببێتەوە بۆ ئاسمان بە بێ باڵ‌و بێ چوونە ناو باڵدان .

★ (كَذلِكَ يَجْعَلُ اللهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ) (١٢٥) ★

ئاوەها خودا باری ئازارو بێزاری دڵ ئەهاوێتە سەرشانی ئەو کەسانە کە بەرابەر بە پەیامی خوداو پەیامهێنەرەکان عەناد ئەکەنو مل با ئەدەنو ئیمان نایەنن • واتە من کە ئادەمیزادم دروست کردوە عەقڵو هۆشم پێداوە هەروا بە حەواسو شوعوورو هێزی دەماخ رازاندوومەتەوەو شتێکم پێداوە لە دەستەڵات کە بتوانێ رووبەڕووی پیرۆزیو بەختیاری بجوولێتەوەو ئەگەر تێکۆشێ لەسەر ئەمرو فەرمانی من هیدایەتی ئەدەمو بڕیارم داوەو وتوومە : (والَّذِينَ جاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا) بەڵام ئەگەر دەست بکا بە ئارەزووبازیو ڕێگەی ناسازیو فڕوفێڵ بگرێتە بەر ئەوە منیش باری ئەو ئەگۆڕمو لەگەڵ دەوامی ئەو حاڵە نابارەدا یارمەتی نادەمو هیدایەتی نادەم هەتا ئەگەڕێتەوە بۆ لامان •

★ (وهذا صِراطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيماً) ★

وە ئەم ئەحکامی عەقیدەو بیرو باوەڕە رووناکەو ئەم ئەحکامی ئەعمالو کردەوەی چاکەو ئەم ئەخلاقو خووو رەوشتی بەرزە ڕێگەی خودای تۆیەو حاڵی وایە ڕێگەیەکی راستە هەر کەسێ پیا بڕوا ئەگات بە شاری مرادی خۆی •

★ (قَدْ فَصَّلْنَا الآياتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ) (١٢٦) ★

وە بەیانی ئەحکامی خۆمان کردوە بە ئایاتی قورئان بۆ کۆمەڵە ئادەمیزادی وەها کە بیر ئەکەنەوە لە سەرەتاو ئەنجامی ئیشو کاردا •

★ (لَهُمْ دارُ السَّلامِ عِنْدَ رَبِّهِمْ وهُوَ وَلِيُّهُمْ بِما كانُوا يَعْمَلُونَ) (١٢٧) ★

وە بۆ ئەو موسوڵمانانەیە بەهەشت کە (دار السلام)ە و خانووی ئاسایشو جێگەی رەحمەتە ، وە ئەم خانووەیشیان لە لای خودای خۆیانەوە دەست کەوتوە بە رەحمەتی ئەو ، وە خودا سەردارو دۆستو

یارمەتیدەریانە بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە کردوویانە لە ڕەفتاری چاك •

★ (ویَومَ یَحشُرُهُم جَمیعاً : یا مَعشَرَ الجِنِّ قَد استَکثَرتُم مِنَ الاِنسِ) : ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خودای تەعالا هەموو ئادەمیزادو پەری زیندوو ئەکاتەوەو گردیان ئەکاتەوە لە مەیدانی قیامەتا بۆ کیتابو حیسابو خودای تەعالا ئەڵێت : ئەی کۆمەڵی پەری ئێوە بەشی زۆرتان وەرگرتوە لە ئادەمیزاد بۆ گومڕاهیو هاوبیری خۆتان •

★ (وقالَ اَولِیاؤُهُم مِنَ الاِنسِ : رَبَّنا استَمتَعَ بَعضُنا بِبَعضٍ وبَلَغنا اَجَلَنا الَّذي اَجَّلتَ لَنا) : ★

وە لەو مەیدانەدا کە خودا ڕوو ئەکاتە ئادەمیزادەکانیشو پێیان ئەڵێ : بۆچی کەوتنە دوای بیرو باوەڕی ناباری پەرییەکان ؟ ئەڵێن ئەوانەی کە دۆستی جنی بوون لە ئادەمیزادەکان : ئەی پەروەردگاری ئێمە بازێکمان لە بازێکمان ئیستیفادەی خۆشیو ڕابواردنی ئەکرد . واتە هۆی کەوتنەشوێنمان بۆ ئەوان ئەوە بوو کە ئەوان بازێ خەیالاتی ئارەزووبازیو ناباریان ئەخستە دڵمانەوەو ئێمەیش ئەکەوتینە شوێنیان وەکو ئەوانیش ئەکەوتنە شوێن ئێمەو لە ژیانی دنیادا ڕامانبواردو گەیشتین بەو وادەو سەعاتە کە تۆ بڕیارت دابو بۆمانو ئیستە واین لە بەر بارەگای تۆدا واین لە مەیدانی حسێبا •

★ (قالَ : النّارُ مَثویکُم خالِدینَ فِیها اِلاّ ما شاءَ اللهُ اِنَّ رَبَّكَ حَکیمٌ عَلیمٌ) (١٢٨) ★

خودایش ئەفەرموێ تازە ئیستە مەجالی عوزرهێنانەوە نیەو پاڕانەوە سوودی نیەو لەسەر بڕیاری خۆم ئاگری دۆزەخ ماواو مەڵبەندی ئێوەیە

هەتا هەتایە مەگەر ئەوەی کە خودا خواستی لەسەر رزگارکردنی بێ وەکو ئەوانەیان کە ئیمانیان بوە بە خوداو پێغەمەری خوداو بەســـــن تاوانبـــار بوون • بە راستی خودا خاوەن حیکمەتو دروستکاری‌یە لە جەزادانەوەی بەندەکانی خۆیداو زانایشە بە بیرو باوەڕو کردەوەیان •

★ (وكذلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمينَ بَعْضاً بِما كانُـوا يَكْسِبونَ) (١٢٩) ★

هەروەها بازێ لەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە دەرچوون لـــە یاسای ئایینو ستەمیشیان لە خەڵکی کرد بە دەست‌بـــردن بۆ نەفســو ناموسیان ئەیان‌کەین بە دۆستو هاوڕێی بازێکیان لە ئاگری دۆزەخا بـە هۆی ئەو کەسبە ناشیرینانەوە کە کردوویانن •

★ (يا مَعْشَرَ الجِنِّ والإِنْسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصّونَ عَلَيْكُمْ آياتِي ويُنْذِرونَكُمْ لِقاءَ يَوْمِكُمْ هذا ؟)★

جا خودا بانگ ئەکا لە هەموو جینو ئینسو ئەڵـــێ : ئایا چـــەن رەهبەرێ لە لایەنی ئێمەوە نەهاتوە بۆ لاتان هەتا لەم ئەحکامی ئیســـلامو دینەتان بۆ باس بکەنو ئایاتی منتان بۆ بەیان بکەنو بتان‌ترســـێنن لـــە گەیشتن بەم رۆژە ؟

★ (قالُوا : شَهِدْنَا عَلَى أَنْفُسِنا) : ★

ئەوانیش ئەڵێن : ئێمە شەهادەت ئەدەین لەسەر نەفسی خۆمــــان کە بیروباوەڕو کردەوەمان باش نەبوە •

★ (وغَرَّتْهُمُ الحَيوةُ الدُّنْيا) : ★

وە ئەوانە ژیانی دنیا بایی کردبوونو ترسی ئەم رۆژەیان لەلا نەمــا بوو •

★ (وشَهِدُوا على أَنْفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كانُوا كافِرِينَ)(١٣٠) ★

وە شایەتییان دا لە سەر نەفسی خۆیان کە بە راستی کافر بوون •

★ (ذلِكَ أنْ لَمْ يَكُنْ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرى بِظُلْمٍ وأهْلُها غافِلُونَ) (١٣١) ★

ئەمە کە لە رۆژی قیامەتا پرسیار ئەکەم لە ئادەمیزادو پەریو بەقەی حسێبی خۆیان جەزایان ئەدەمەوە لەبەر ئەوەیە کە من پێغەمەرانم رەوانە کردوە بۆ لایانو تەمێی کردوونو قەت نەبوە ولاتیو ئەهلی ولاتی بفەوتێنیو ئازاریان بدا بە ستەمو ناحەقو ئەهلی ئەو دێهاتە ئاگادار نەبوبن لە ئەحکامی خودا . بەڵکو لە پێشا رەهبەرم ناردوەو تەمێی کردوون جا هەرکەسێ ملکێشی کردوە فەوتاندوومەو لە قیامەتیشدا جەزام لێ سەندوە •

★ (ولِكُلٍّ دَرَجاتٌ مِمَّا عَمِلوا) ★

وە بۆ هەرکەسێ لە ئەهلی تەکلیف چەن پایەیێ هەیە لە خوصووصی کردەوەدو جەزای کردەوەوە •

★ (وما رَبُّكَ بِغافِلٍ عَمَّا يَعْمَلونَ) ★ (١٣٢)

وە بە قەتعی خودای تۆ غافڵ نیە لەوەی کە ئەوان ئەیکەن •

★ (وربُّكَ الغَنِيُّ ذو الرَّحْمَةِ) ★ :

وە خودای تۆ دەوڵەمەندو بێ نیازە لە ئادەمیزادو پەریو لە غەیری ئەوانیشو لەگەڵ ئەوەیشدا میهرەبانەو خاوەن رەحمەتە کە بە هۆی تاوانەوە بە تەواوی بەربادتان ناکا •

★ (إنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ ويَسْتَخْلِفْ مِنْ بَعْدِكُمْ ما يَشاءُ كَما أنْشَأَكُمْ مِنْ ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ) ★ (١٣٣)

ئەگەرنا ئەگەر خودا خواستی بیێ لاتان ئەباو ئــەتانمرێنـێو بەربادتان ئەکاو لە پاش ئێوە قەومێ تر بە دوای ئێوەدا دێنێ لەوانـەی کە خۆی خواستی لەسەر بێ وەکو چۆن ئێوەی دروست کردوە لە تۆوی، چەن باوکێکی ترو قەومێکی غەیری ئێوە •

★ (إنَّ ما تُوعدُونَ لآتٍ وما اَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ) ★ (١٣٤)

بە راستی ئەوەی کە خودا وەعدەتان پێ ئەدا لە خێرو شەڕو لـە فەوتاندنی ئەهلی ئیفسادو ستەمو لە جەزادانـەوەی هەمـوو خـاوەن تەکلیفەکان لەسەر کردەوەی خۆیان لە زۆرو لە کەم هەمووی دێـتو دێتەجێو ئێوە ناتوانن بەرانگاری کاری خودا بنو یەکێ لەو ئیشانـە مەنع بکەن •

★ (قُل : يا قَوْمِ اعْمَلوا على مَكَانَتِكُمْ ، إنّي عامِلٌ) ★

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ پێیان : ئەی قەومی من ئـەی ئەسانێ کە من لە لایەنی خوداوە رەوانە کراوم بۆ تەمێو تـەربیـەتو ئامۆژگاریتان چیتان لە دەست دێت لە بەرانبەرکـێو موعارەزەی مـن بیکەن ، وە منیش لەسەر ئەو یاسایە خودا ئەمری پێ کردووم کار ئەکەم، واتە تەبلیغی ئەحکامی خودا ئەکەم وە ئەگەر قەومەکەم وەریان گـرت ئەوە زۆر باشە وە ئەگەر وەریان نەگرتو ئازاری منیان دا من خـۆم ئەگرم لەبەر باری خودادا •

★ (فَسَوْفَ تَعْلَمونَ مَنْ تَكونُ لَهُ عاقِبَةُ الدَّارِ) ★

وە لەمەولا ئێوە ئەزانن‌و حاڵی ئەبن کێ لە ئاخـرا ئەنجامـی خێری ئەبێ لە خانووی دنیادا وە یا لە مەنزڵی رۆژی قیامەتا کام لامان لە ئاگرا ئەبین‌و کام لامان لە بەهەشتا ئەبین •

★ (إنَّهُ لا يُفْلِحُ الظَّالِمونَ) ★ (١٣٥) •

بە راستی رووداوی گرنگ ئەمەیە کە ستەمکاران رزگار نابن • جا خودای تەعالا بۆ هەڵچەرخاندنی دڵی هۆشیاران لە بیروباوەڕی بتپەرستەکان بازێ لە ئاساری باوەڕی بێ فەڕیان بەیان ئەکاتو ئەفەرموێت :

★ (وجَعَلوا لِلهِ مِمّا ذَرَأَ مِنَ الحَرْثِ والأنْعامِ نَصِيباً ، فَقالوا : هذا لِلهِ ـ بِزَعْمِهِمْ ـ وهذا لِشُرَكائِنا) ★ :

واتە لە نەفامی بتپەرستەکانە ئەمە کە ئەهاتن ئەوە کە خودای تەعالا دروستی کردوە لە بەرامەی کشتو کاڵو لە ماڵیاتی زیندوو بەشێکیان دائەنا بۆ خودا . لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر تەماشای دروستکردن بکرێ هەموو ئەم جیهانە هەر بۆ خودایەو کەس بەشی تێدا نیە • وە ئەیانوت : ئەم بەشە بۆ خودایەو پێویستە لە ڕێگەی رەزای ئەوا سەرف بکرێ . ئەمەیشیان بە درۆ ئەوتو بە خیلافی نیەتی دڵیان بوو ، وە ئەم بەشەیش بۆ ئەوانەیە کە ئێمە دامان ناون بە هاوڕێی خودا •

★ (فَما كانَ لِشُرَكائِهِمْ فَلا يَصِلُ إلى اللهِ وما كانَ لِلهِ فَهُوَ يَصِلُ إلى شُرَكائِهِمْ) ★ :

وە لە پاش سەرفکردنی بازێ لەو ماڵانە ئەگەر بەشەکەی خودا بیرایەتەوە ئەوە لە بەشی هاوڕێکان هیچ نەئەخرایە لای خوداوە ئیتر بێ بەش ئەمایەوە ؛ وە ئەگەر بەشی شەریکەکان تەواو ببوایەو سەرف بکرایە لە دەستو پەیوەندی بتەکاندا ئەهاتن لە بەشەکەی خودا پینەیان ئەکرد ، واتە لەو بەشی خودایانە ئەخستە سەر بەشی شەریکەکان ، کەوابو گەلێ جار بەشەکەی خودا نەدەما بەڵام بەشی شەریکەکان قەت بنەبڕ نەدەبو •

★ (ساءَ ما يَحْكُمونَ) ★ (١٣٦)

زۆر ناشیرینە ئەمەی ئەوان بڕیاریان ئەدا •

★ (وكذلك زَيَّنَ لِكَثيرٍ مِنَ المُشْرِكينَ قَتْلَ اَوْلادِهِمْ شُرَكاؤُهُمْ لِيُرْدوهُمْ ولِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دينَهُمْ) ★ :

واتە هەر وەكو ئەو كافرانە گومڕا بووبوونو ماڵیان بەش ئەكرد لە بەینی خودای تەعالاو بتەكانا هەروەها گومڕاهیەكی تریان بەسەرا هاتبوو كە بریتیە لەمە ئەو بتانە ، واتە ئەو شەیاطینی جینو ئینسە كە ئەوانی فێری بتپەرستی كردبوو و جوانی كردبوو لە پێش چاوی كافرە موشریكەكانا كە نەتەوەكانیان ـ هەركام كچ بن ـ بیانكوژنو زیندەبەچاڵیان بكەن لەبەر هەنێ شوبهەی بێ سەرو پێ ، وەكو ترسی عار یا هێرشی دوژمنی بەدكار ، ئەو شەیتانانەیش ئەم بیرە نابارانەیان بۆیە خستبوە دڵی كافرەكانەوە هەتا زۆرتر هیلاكو ماڵوێرانیان بكەنو دووریان بخەنەوە لە دین ، وە بۆ ئەوە كە ئەصڵی دینە راستەكەی ئیبراهیمی خەلیل ـ د ـ كە تەوحید بوو بیگۆڕن لەسەریان •

★ (ولَوْ شاءَ اللهُ ما فَعَلُوه ، فَذَرْهُمْ وما يَفْتَرونَ) ★ (١٣٧)

وە ئەگەر خودا خواستی لەسەر بوایە كە ئەو كافرانە مەنع بكا لەو كارە نابارە نەیان ئەكرد ، بەڵام لە ئەساسا مەجبوور نیە بە زۆر ئەو خەڵكە بێنێت بۆ سەر باری راستی ، بە تایبەتی كە ئەوانە عەقڵو هۆشی خۆیان زایە ئەكرد بۆ شتی پڕو پووچ ، دە وازیان لێ بێنن لەگەڵ ئەو ئیفتیراو درۆو دەلەسە با دەوام بكەن •

★ (وقالُوا : هذهِ اَنْعامٌ وحَرْثٌ حِجْرٌ لا يَطْعَمُها إلاَّ مَنْ نَشاءُ ـ بِزَعْمِهِمْ ـ واَنْعامٌ حُرِّمَتْ ظُهورُها واَنْعامٌ لاَ يَذْكُرونَ اسْمَ اللهِ عَلَيها افْتِراءً عَلَيْهِ) ★ :

وە لە جوملەی بیرو باوەڕە هەڵە نابارەکەیانە ئەمە کە ئەیانوت : ئەم بەشی شەریکانە بریتیە لە مەڕو وشترو گاو بزنێ کە مەمنووعن لە هەموو کەسێو لێیان ناچەژێ ـ لە سەریانو لە بەریان ـ ئەو کەسانە نەبێ کە ئێمە خواستمان لەسەری بێ وەکو خزمەتکاری پەیوەندەی دەربارەی بتەکان ، ئەمەیش هەر زەعمو درۆو دەلەسە بوو ئەگەرنا لە ژێرەوە چۆن ئارەزوویان بکردایە سەرفیان ئەکردن • وە ئەیانوت بازێ تر لە وشترو ماڵیاتمان پشتیان حەرام کراوە کەس سواریان نابێو باریان پێ نابەن ، وە بازێ وشتری وەهایش کە لە کاتی سەربڕینیانا ناوی خودایان لەسەر نابەنو بەس ناوی بتەکان ئەبرێ ، وە ئەمەیش بە هۆی درۆ هەڵبەستنەوە لە سەر خودای عالەم ، ئەنا خودا بەم شتە پووچانە رازی نیە •

★ (سَيَجْزِيهِمْ بِما كانُوا يَفْتَرُونَ) ★ (١٣٨)

خودا لەمەولا تۆڵە لەو کافرانە ئەستێنێ بە هۆی ئەوەوە کە ئەم درۆو دەلەسە هەڵئەبەستن •

★ (وقالُوا : ما في بُطُونِ هذِهِ الأَنْعامِ خالِصَةٌ لِذُكُورِنا ومُحَرَّمٌ على أَزْواجِنا وإنْ يَكُنْ مَيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكاءُ) ★ :

وە لە جوملەی ئاساری بیرو باوەڕی ناباری ئەوانە ئەمە کە ئەیانوت : ئەوەی وا لە سکی ئەم وشترانەدا کە (بەحیرە)و (سائیبە)ن خاصە بە ئەولادی نێرینەی ئێمەوەو حەرامە لەسەر کچەکانمان ، بەڵام ئەگەر بە مردوویی داکەوت ئەوە هەردوو بەشە نەوەکانمان ، چ کچ چ کوڕ ، شەریکن تیایاو گۆشتەکەی بخۆن ، واتە ئەوانە مردارەوەبوویان ئەخوارد •

★ (سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ) ★ (١٣٩)

خـودا لـەمەولا جـەزایان ئەداتـەوە لەسـەر ئـەم وەسفـو بەیانـە درۆیانە بەڵام خودا کاتی بۆ داناوە ؛ چونکی بە راستی خودا لـە کردەوەی خۆیا خاوەن حیکمەتەو زانایە بە بیرو باوەڕو خودا زەڕەی لێ ون نابێ •

★ (قَدْ خَسِرَ الَّذينَ قَتَلوا اَوْلادَهُمْ سَفَهاً بِغَيْرِ عِلْمٍ وحَرَّمُوا ما رَزَقَهُمُ اللهُ افْتِراءً عَلَى اللهِ) ★

بە راستی زیانمەند بوون ئەو کافرانە کە ئەولادی خۆیان کوشتووە یا ئەیکوژن بە بێ هۆشی بە بێ عیلمو زانستو ئەوانەیش کە حەرامیان کردوە لەسەر خۆیان ئەوەی کە خودا کردوویەتی بە رۆزی ئـەوان بـە شێوەی ئیفتیرا لەسەر خودا •

★ (قَدْ ضَلُّوا وما كانُوا مُهْتَدِينَ) ★ (١٤٠)

بە راستی ئەمانە گومڕا بوونو ئەمانە شارەزا نەبوونو نابن بـۆ رێگەی راست •

★ (وهو الَّذي اَنْشَأَ جَنَّاتٍ مَعْروشاتٍ وغَيْرَ مَعْروشاتٍ والنَّخْلَ والزَّرْعَ مُخْتَلِفاً اُكُلُه والزَّيْتونَ والرُّمَّانَ مُتَشابِهاً وغَيْرَ مُتَشابِهٍ) ★ :

خودا ئەو خودایە کە دروستی کردوە بۆ ئێوە باخو داری بڵند لـە سـەر کەپرو نزمی عەرزی بێ کەپرو دارخورماو کشتو کاڵتان کـە لـە ئەنواعی خواردەمەنی لێ پەیدا ئەبێو زەیتوونو هەناری وا کە بازێکیـان لە یەك ئەچنو بازێکیان لە یەك ناچنو جیاوازن •

★ (كُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ إذا اَثْمَرَ) ★

وە خودا بە زمانی غەیبی بانگیان لێ ئەکا : بخۆن لەو بەرانە کاتێ کە پێگەیشتن •

★ (وآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصادِهِ) ★ :

وە حەقی واجبی خودای لێ بدەن لەو رۆژەدا کە درەو ئەکرێـــن‌و دەرامەیان وەرئەگیرێ •

★ (ولا تُسْرِفُوا) ★

بەلاّم زیادەڕەوی مەکەن لە صەرفاو هەمیشە ئیعتیدال‌و میانـەکاری رابگرن ئەمە بۆ ژین‌و دین بەسوودە •

★ (إِنَّهُ لا يُحِبُّ المُسْرِفِينَ) ★ (١٤١)

بە راستی خودای تـــەعالا زیادەڕەوانی خۆشـــ ناوێ ؛ چونکـــی زیادەڕەوی ئەبێ بە هۆی زیانی دین‌و دونیا •

بزانن ! زانایانی ئایین لەسەر مەعنای (وآتوا حقه يوم حصاده) چەن بیرو رایەکیان دەربڕیوە :

ئەنەسی کوڕی مالیك‌و ئیبن‌و عەبباس‌و طاووس‌و حەسەنی بەصری‌و ئیبن‌و زەیدو ئیبنولحەنەفیەو ضەحاك‌و سەعیـــدی کـــوڕی موسەییـــب فەرموویانە : ئەم حەقە زەکاتەو دە یەك تا بیست یەکەو لەسەر ئەم بیرەیە ئەصحابی ئیمامی شافیعی ـ خ ـ • وە وتراوە کە ئەم ئایەتە لە مەدینـــەی مونەوەرەدا نازڵ بوە ؛ چونکی زەکات لەوێ فەرز کراوە •

دووەم : بیری عەلی کوڕی ئیمامی حسەین‌و عەطاو حەکەم‌و حەمادو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدە ، ئەمانە فەرموویانە : ئـــەم حەقـــە غەیری زەکاتەو خودا ئەمری کردوە بدرێ ، بەلاّم بە شێوەی سونـــەت نەك فەرز ، وە ئەمە ریوایەت‌کراوە لە عەبدوڵـلاّی کـــوڕی عومـــەرو محەمەدی کوڕی حەنەفیەوە ، وە ئەبو سەعیـــدی خـــدری ریوایەتـــی کردوە لە حەزرەتەوە ـ د ـ •

بیری سێهەم ئەمەیە : کە ئەمە حەقێ بوە لە شاری مەکـەدا بـــەلاّم مەنسووخە بە حەقی زەکات ؛ چونکە ئەم ئایەتە مەکیـــــەو زەکات لـــە مەدینەدا فەرز کراوە بە ئایاتی زەکات‌و بە ئایەتی :

(خذ من اموالهم صدقة)و ئەمسالی ئەمانە •

ئەمجار بزانن بینا لەسەر ئەوە کە ئەم ئایەتە بۆ زەکات بێ ئیمامی ئەبو حەنیفە ـ خ ـ ئیستیدلالی کردوە بە عموومی ئایاتی زەکاتو بە زاهیری حەدیثی (فیما سقت السماء العشر ، وفیما سقی بنضح او دالیة نصف العشر) کە زەکات واجبە لە هەر شتێ لەوەدا کە زەوی بیرِوێنێ خواردەمەنی یا غەیری خواردەمەنی ، هەروا بەو حەدیثەیش کە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عائیشەوە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : (فی ما انبتت الارض من الخضر زکاة) بەلام موحەدیثەکان فەرموویانە : لە باوەڕپێکراوانی ئەصحابی مەنصوور ـ کە لە عائیشەوە ریوایەتی کردوە ـ کەسیان بەم جۆرە ریوایەتیان نەکردوەو ئەم لەفزە قەولی ئیبراهیمەو بەس •

وە کۆمەلەی زاناکان تەحقیقی عموومی ئایەتو حەدیثەکەیان کردوە بە فەرمودەی حەزرەت (لیس فی ما دون خمسة اوسق من تمر او حب صدقة) وە ئیمامی شافیعی ـ خ ـ لەسەر ئەم بیرەیە •

وە ئیرشادی ئینسان ئەکا بۆ حەقیقەتی حاڵ کە خودای تەعالا لە پێش وەفاتی حەزرەتا دینی ئیسلامی بە تەواوی دامەزراندو فەرموویەتی : (الیوم اکملت لکم دینکم واتممت علیکم نعمتی) هەروا موحەققەقە کە حەزرەت هیچ حوکمێ لە ئەحکامی دینی کەتم نەکردوە بە تایبەتی ئوصوولی ئەحکام ، وە خودا فەرموویەتی : (یا ایها الرسول بلغ ما انزل الیك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته) ، وە خەلکی ئەترافی مەدینەی مونەووەرەو مەککەو نەفسی ئەو شوێنانە ئەزانن کە لە (طائف)و بازێ شوێنی ترا هەنارو قۆخو پرتەقاڵو کالەکو شووتیو خەیار بووەو کەس نەیبیستوە کە حەزرەت ـ د ـ باسی زەکاتیان بکا •

(بناء علیه)بیری جومهوور دامەزراوە لەسەر ئەمە کە ئەوەی لە عەرز دەرئەچێ ئەبێ لە قووت بێ ، واتە لەوانە کە ژیواریان پێ ئەکرێ

لە ئیختیارا وەکو گەنم‌و جۆو برنج‌و زەرات‌و خورماو ترێ‌و مێوژ • نەك لە باقی شتەکانا کە ژیواریان پێ ناکرێ • هەروا ئەبێ میقدارەکەیشیان بگات بە پێنج ویسق ، وەکو لە شەرعا باس‌کراوە وە (جوهری) ئەڵێ : ویسق عیبارەتە لە : شەصت صاع ، وە خەلیل ئەڵێ : ویسق باری وشترە یانی پێنج ویسق ئەکاتە پێنچ بار •

وە ئێمە تاقیقمان کرد لە پێنج ویسقەکە بە تەنەکەی نەوت چل‌و پێنج تەنەکەی دارماڵە . وە بە کیلۆ حەوصەدو بیست کیلۆیە • جا باش لەم باسە ئاگادار بن •

★ (ومِنَ الاَنْعامِ حَمولَةً وفَرْشاً) ★

وە خودا دروستی کردوە بۆتان لە (انعام)دا بارەبەر وەکو وشترو گا . وە فەرش کە لە لای بازێ مەعنای ئەوەیە لە خوری‌و مووەکەیان فەرش دروست ئەکرێ • وە بازێ فەرموویانە : مانای فەرش ئەوەیە بدرێ بە زەویداو سەری ببڕن •

★ (کُلوا مِمَّا رَزَقَکُمُ اللهُ ولا تَتَّبِعُوا خُطُواتِ الشَّیْطانِ إِنَّهُ لَکُمْ عَدُوٌّ مُبِینٌ) ★ (١٤٢)

دەی بخۆن لە هەموو ئەم شتانە کە خودا کردوویە بە رزقتان چ لەوەی لە عەرز دەرچوە چ لە گۆشتی گیانلەبەرانی حەڵاڵ وە مەکەونە شوێن رەفتاری شەیتان‌و لە خۆتانەوە گۆشتی بازە حەیوانێ حەرام مەکەن ؛ چونکی شەیتان دوژمنێکی دیاریە بۆ ئێوە •

★ (ثَمانِیَةَ اَزْواجٍ) ★ :

ئەم (حەموولە)و (فەرشە) کە حەیوانی زبرەو وردەیە هەشت جینسن :

★ (مِنَ الضَّأْنِ اثْنَیْنِ ومِنَ المَعْزِ اثْنَیْنِ) ★

لە نەوعی مەڕدا دوان : نێرو مێیەك ، مەڕو بەرانێك • وە لە بزنیشا دوان : بزنێكو سابرێنێ •

★ (قل : الذَّكَرَيْنِ حرَّمَ امِ الاُنْثَيَيْنِ ؟ امّا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ ارْحامُ الاُنْثَيَيْنِ ؟) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو كافرانە : ئایا خودا ئەو دوو نێرەی حەرام كرد ؟ یا ئەو دوو مێیە ، یا ئەو بەچكە كە ئەرحامو منداڵدانی مێچكەكان داگیری كردبوو ؟

★ (نَبِّئُونِي بِعِلْمٍ إنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ) ★ (١٤٣)

خەبەرم بدەنێ بە خەبەرێ كە لە عیلمو زانستی راستەوە پەیدا بێ ئەگەر ئێوە راست ئەكەن •

★ (ومِنَ الابِلِ اثْنَيْنِ ومِنَ البَقَرِ اثْنَيْنِ) ★

وە لە نەوعی وشتر دوان نێرو مێیەك ، وە لە نەوعی رەشە وڵاخ دوان گایەكو مانگایەك •

★ (قُلْ : آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ امِ الاُنْثَيَيْنِ ؟ امّا اشْتَمَلَتْ علَيْهِ ارْحامُ الاُنْثَيَيْنِ ؟) ★

تۆ بڵێ بەو كافرانە : ئایا خودا ئەو دوو نێرەی لەو دوو نەوعە راكێشاوەو حەرامی كردوون لە سەرتان گۆشتیان بخۆن ؟ یا ئەو دوو مێچكەیە وە یاخود ئەو دوو بەچكەیە كە منداڵدانی ئەو مێچكانە داگیری كردوە ؟

★ (اَمْ كُنْتُمْ شُهَداءَ إذْ وَصَّيكُمُ اللهُ بِهذا ؟) ★

یا خەیر ئەم حوكمانە بە هۆی مواجەهەو رووبەڕووەوە وەرتان گرتوەو خۆتان لەو كاتەدا حازر بوون كە خودا ئامۆژگاری كردوون پێی ؟

★ (فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنْ افْتَرى عَلَى اللهِ كَذِباً لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ؟) ★

دەی کێ زاڵمترە لەو کەسە کە درۆ هەڵئەبەستێ لەسەر خودا بۆ ئەوە کە خەڵکی وەها گومڕا بکا بە بێ عیلمو زانست ؟

★ (إنَّ اللهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) ★ (١٤٤)

بە راستی خودای تەعالا ڕێنومایی زاڵمانو زۆرداران ناکاو یارمەتییان نادا •

★ (قل : لا اَجِدُ في ما اُوحِيَ اليَّ مُحَرَّماً على طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إلاَّ اَنْ يَكونَ مَيْتَةً اَوْ دَماً مَسْفُوحاً اوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَاِنَّهُ رِجْسٌ اَوْ فِسْقاً اُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ باغٍ ولا عادٍ فَاِنَّ ربَّكَ غَفورٌ رَحِيمٌ) ★ (١٤٥)

جا تۆ ــ ئەی پێغەمەر ــ بۆ دەفعی شوبهەی خەڵك ئیعلان بکەو بڵێ : من لەو کەلامی خودادا کە بە وەحی ئەگات بە من نابینم حەرام لەسەر تەعام خۆرێ مەگەر ئەو مردارەوەبوە بێ یاخود خوێنێکی ڕژاو بێ یا گۆشتی بەراز ؛ چونکی بە راستی ئەوە پیسە ، یا حەیوانێکی سەربڕاوی حاریج لە یاسای ئیسلام بێ بەم رەنگە لە کاتی سەربڕینیا ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ ، جا هەرکەس ناچار ببێ بۆ خواردنی ئەم جۆرە شتانە ئەگەر تەجاوز نەکا بەسەر بەشی کەسا وەکو دوو ناچار یەکێکیان بەشی خۆی ورەفیقەکەی بخواتو لا نەدا لە ئەندازەی خۆیشی بە زۆر خواردن ئەوە بزانن خودای تەعالا بەرابەر بەو کەسە تاوانپۆشو میهرەبانە • ئەم یاسا کە باسمان کرد بۆ ئوممەتی ئیسلامە •

★ (وعلى الَّذينَ هادُوا حرَّمْنا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ) ★

وە لە وەختی خۆیا لەسەر ئەو کەسانە کە دینی یەهـــوودیان بـوو حەرامسان کرد لەسەریان خواردنی گۆشتی هەر گیاندلەبەرێ کە پەنجـــەی پێی لکابێ بە یەکەوە جا لە گیانلەبـــــەری زبرەدا وەکـــو وشـــترو وشترمرغ کە پارچەی پێیان یەك جیلمەیەو پارچە پارچە نیە ، وە لـــە وردەدا وەکو سۆنەو قاز •

★ (ومِنَ البَقَرِ والغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحومَهُما إلاّ ما حَمَلَتْ ظُهورُهُما اوِ الْحوايا اَوْ ما اخْتَلَطَ بِعَظْمٍ) ★

وە لە گاو مانگا لە هەر سنفێ بین‌و لە مەڕ حەرامان کرد لەســـەر جوولەکە پیوەکەیان جگە لەوەی پەیوەندی هەبێ بە پشتیانەوە یا ئەوەی کە ناوسکی حەیوانەکان پەیوەندی هەبێ پێیەوە یا ئەوەی کە تێکەلـــی ئێسقان بێ •

★ (ذلِكَ جَزَيْناهُمْ بِبَغْيِهِمْ) ★

بەم جۆرە حەرامکردنی گۆشتە جەزای ئەو جوولەکانەم دایـــەوە لەبەر نابارى‌و لادانیان لە یاسای ئەحکامی من •

★ (وإنّا لَصادِقونَ) ★ (١٤٦)

وە بە راستی ئێمە راستین لە ئەخبارو گێڕانەوەی ئەحکامدا •

جابیر ریوایەتی کردوە لە پێغەمەرەوە ـ د ـ فەرموویەتی : خـــودا جوولەکە بکوژێ‌و غەزەبیان لێ بگرێ کاتێ خودا پیوی مەڕو گـــاو مانگـای لەســەر حەرامکردن هەســتان پیوەکەیان توانەوەو فرۆشتیان‌و پارەکەیان خوارد •

★ (فاِنْ كذَّبوكَ فقُلْ رَبُّكُمْ ذو رَحْمَةٍ واسِعَةٍ) ★

جا ئەگەر ئەو جوولەکانە باوەڕیان پێ‌نەکردیت لە گێڕانەوەی ئـەم ئەحکامانەدا تۆ پێیان بڵێ : خودای ئێوە خاوەن میهرەبانیەکی گوشادە • نەیوانەیە مۆڵەتتان بداو تۆڵەتان دوا بخات •

★ (وَلا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ) ★ (١٤٧)

بەڵام مانای وا نیە کە تۆڵەکەی دوا خست ئیتر وازیان لێ بێنێ ، تۆڵەی خودا لە تاوانباران ناگەڕێتەوە •

★ (سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا : لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلا آبَاؤُنَا وَلا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ • كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا) ★ :

بە راستی ئەو موشریکانە قسەیەکی پووچو دەلیلێکی بێ بناغە دێنەوەو ئەڵێن : ئێمە کە موشریکین نابین بە جێگەی تۆڵە ؛ چونکی لەسەر خواستی خودا بوە ئەو ئیشراکی ئێمەو شتێ کە لەسەر خواستی ئەو بێ چاوپۆشی لێ کراوە ! لە واقیعدا ئەگەر خودا مەیلی لەسەر ئەوە بوایە کە ئێمە شەریکی بۆ قەرار نەدەین نە ئێمەو نە باوکو باپیرانمان تتی وامان نەدەکردو هیچ گۆشتێکیشمان حەرام نەدەکرد ! جا خودا بە درۆیان ئەخاتەوە نەك لەبەر ئەوە کە قسەکەیان درۆیە بەڵکو لەبەر ئەوە ئەو قسە لەگەڵ ئەوەدا کە راستە دەرمانی دەردی ئەوان ناکا لەبەر ئەوە لە کاتی ئەوەدا کە ئێمە کردەوێ ئەکەین ئاگامان لەوە نیە کە خودا ئەو شتەی ئیرادە کردوە هەتا ئەیکەین وە ئەو کاتەدا دەست ئەکەن بە کارەکە لەسەر خیلافی ئەمری خوداو پێغەمەردو ئەوان بە ئارەزوو بە ئینکاری ئەیکەنو لە یاسای ئەمری خوداو پێغەمەری خودا دەرئەچن •

وە لە لایەکی ترەوە موافەقە لەگەڵ خواستی خودادا نابێ بە هۆی ئەوە کە ئەو شتە پەسەند بێ لە لای خودا ، چونکی خودا ئیرادەی غەیری مەحەبەتەو هەرچی روو بدا لە دنیادا لە کردەوەی نابار وەکو کوشتنی بێ تاوانو دەستبردن بۆماڵو ناموسی خەڵك ••• هەمووی لەسەر ئیرادەیە هەموویشی تاوانباریە •

بە کورتی ئەوان لە پێشا کە دەست ئەکەن بە ئیشراکەکەیان ئازانن کە موافیقی ئیرادەیانە هەتا رابوردوە ، وە لەسەر فەرزی زانستیشیان بەو ئیرادە موافەقەی ئیرادە وەختێ ئەبێ بە عوزر کە لەگەڵ موافەقەی ئەمردا بێ وە مادام خودا بە شەریك قەراردان رازی نیەو ئەمریشی پێ نەکردوە ئەبێ بە تاوانی نابار لە سەریان ، هەروا حەرامکردنی بەحیرەو سائیبەو باقی ئەو شتانە کە بە خیلافی ئەمری خودا کردوویانە . وە خودا ئەفەرموێت کافرە پێشووەکانیش هەر ئەم دەلیلە نەخۆشەیان ئەهێنایەوە بۆ کوفرو لادانیان .

★ (قُلْ : هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا ؟) ★
تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیان بڵێ : ئایا لە لاتان هەیە عیلم بە دەلیلێکی وا بشێ بۆ دەلیل لەسەر ئەم ئیشراکەتان هەتا دەری بیبڕن بۆمان ، وە یا بەڵگەیەکتان لە لایە لە خوسووسی عیلمتان بە ئیرادەی خودا لە پێش موباشەرەکەتانا هەتا دەری بخەن بۆمان ؟ حاشا عیلمیان نیەو بەڵگەی عیلمییان نیە . ئەم کافرانە لەم شەریك قەراردانو حەلاڵ بە حەرام زانینەدا هەر لەسەر گومان ئەڕۆن وەکو خودا ئەفەرموێت :

★ (إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلاَّ تَخْرُصُونَ) ★
(١٤٨)

واتە ئێوە لەم داوادا کە ئەیکەنو لە پاش ئەوە کە لاتان دا لە رێگە ئیستیدلال ئەکەن بە ئیرادەو لە پێش رووداوەکەدا ئامادەیی خۆتان روو ئەکەنە تاوانباریو هەر شوێنی گومانو بیرو باوەڕی ناتەواو ئەکەونو درۆ هەڵئەبەستن بە دەمی خوداوە لەمەدا کە ئەڵێن خودا ئەم وەزعی ئێمەیە پێ خۆشە .

★ (قُلْ : فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ) ★ (١٤٩)

یانی : ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کافرە موشریکانە : مادام ئێـــوە لەسەر ئەو ئەساسە ئەڵێن (لو شاء الله ما اشرکنا ...) ئەگەر خودا خواستی وابوایە بە زۆر ئێوە موسوڵمان بکا ئێوە موسوڵمان ئەبوون ئەم جـاره بزانن کە حوججەت‌و دەلیلی بە هێز هەر بۆ خودایە ، چونکی راستە ئەگەر خودا خواستی وابوایە بە زۆر ئێوە موسوڵمان بکا ئەیتوانی هەمووتـــان موسوڵمان بکا ، وە ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین ، بەڵام خودا نایەوێ بە زۆر کەس موسوڵمان بکاو ئەیەوێ ئێوەو غەیری ئێوەیش بە ئارەزووی خۆتان‌و خواستی خۆتان رێگەی تەوحیدو ئیسلامییەت بگرن بۆ ئەوە هەرکەسێ ئیطاعەی نەکرد جەزای بداتەوە بە دۆزەخ‌و باس لەسەر رەغبەتە نــــەك زۆرکاری .

★ (قـُل : هَلُمَّ شُهداءَكُمُ الَّذينَ يَشْهَدونَ اَنَّ اللهَ حَرَّمَ هذا) ★

ئەی پێغەمەری رەهبەر بڵێ بەوانە کەئەڵێن ئەم تەحریم‌و تەحلیلـــە کە ئێمە ئەیکەین هەمووی لە لایەنی خوداوەیەو خودا پێیـــان رازیــە : حازر بکەن ئەو شاهیدانە کە شایەتیتان بۆ ئەدەن بەوەی کە ئـــــەوەی ئێوە حەرامی ئەکەن خودا حەرامی کردوەو ئێوە لەسەر رەزای خـــودا ئەم تەشریعانە ئەکەن ؛ چونکی ئینسان هەر داوایێ بکا یا ئەبێ داواکـەی ئاشکرا بێ وە یا ئەبێ بە بەڵگەیێ ئیسباتی بکا .

★ (فَاِنْ شَهِدُوا فَلا تَشْهَدْ مَعَهُمْ) ★

جا ئەگەر چەن کەسێکیان هێنا کە شایەتی بدەن لەسەر ئەو داوای ئەوانە ئەوە تۆ شایەتییان لەگەڵدا مەدە .

★ (ولا تَتَّبِعْ اَهْـواءَ الَّذين كَـذَّبوا بِآياتِنـَا والَّذينَ لا يُؤْمِنون بِالْآخِرَةِ) ★

وە مەکەوە شوێن ئارەزووی ئەو کەسانە کە ئایاتی ئێمـــە بە درۆ ئەخەنەوەو ئەو کەسانە کە ئیمان نایەنن بە ڕۆژی قیامەت •

★ (وهُمْ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلونَ) ★ (١٥٠)

وە ئەوانە هاووێنە بۆ خودای خۆیان بڕیار ئەدەن •

★ (قل : تَعالَوْا اَتْلُ ما حَرَّمَ رَبُّكُمْ علَيْكُمْ) ★

تۆ ئەی پێغەمەری ڕەهبەر بڵـێ بە ئادەمیـــزادی ڕۆژی خـــۆت : وەرن بۆ لام هەتا بخوێنمەوە بە سەرتانا ئەوەی کە خودای گـەورە بـــە ڕوونیو گرنگی لە بابەتی بیرو باوەڕەوە حەرامی کردوە لەسەرتان •

★ (الاّ تُشْرِكوا بِهِ شَيْئاً) ★

ئەمەیە بـە هیچ جۆرێ شەریكو هـاوڕێ بۆ خـودای خۆتان بڕیار نەدەنو کەس غەیری ئەو بە (واجب الوجود)و پەروەردگـار نەزانـــنو کەس بە شایاوی ئەوە نەزانن کە عیبادەتی بۆ بکرێ غەیری ئەو •
وە لە بابەتی شەرمو حەیاو خزمەتی باوكو دایکتانا بە هیچ جـۆرێ ئازاری دڵ ڕەوا مەبینن بۆ دایكو باوکتان •

★ (وبِالْوالِدَيْنِ إحْساناً) ★

وە چاکە بکەن لەگەڵ باوكو دایـکتانا لە مەصرەف کێشانیانداو لـــە ملکەچکردندا بۆیانو بـــە وەرگرتنی فەرمانیانو بـــە گوێڕاگـرتن بۆ ئامۆژگارییان •

★ (ولا تَقْتُلوا اَوْلادَكُمْ مِنْ إمْلاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وإيّاهُمْ) ★

وە ئەولادی خۆتان مەکوژن لە هۆی نەبوونی داراییو ماڵەوە ئێمە ڕزقی ئێوەو ئەوانیش ئەدەین •

★ (ولا تَقْرَبُوا الفَواحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْها ومَا بَطَنَ) ★
وە نزیکی گوناهی گەورە مەکەون ئەوەی کە وا بەدەرەوەو خەڵك پێی ئەزانێ وەکو ماڵ تالاّنکردنو سووککردنی موسوڵمانانو شەرابخواردن . وە ئەوەی خەڵك پێی نازانێ وەکو دەستبردن بۆ ناموسی خەڵكو بۆ ماڵیان بە دزیەوە •

★ (ولا تَقْتُلوا النَّفْسَ الَّتي حَرَّمَ اللهُ إلاّ بِالْحَقِّ) ★
وە ئەو نەفسانە کە خودا حەرامی کردوون لەسەرتان مەیانکوژن بە هۆی ئەمری خوداوە نەبێ وەکو قیصاص لە پیاوکوژ ، وە یا سەنگەسار کردنی ئەهلی زینا وە یا بە هۆی وەرگەڕانیەوە لە دینی ئیسلام •

★ (ذلِكُمْ وصَّيكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلونَ) ★ (١٥١)
ئەمانە خودای تەعالا ئامۆژگاریتانی پێ کردوەو ئەیکاو ئەم ئامۆژگاریەیشی بۆیە ئەکا بەڵکو ئێوە عەقڵ بخەنە کار بۆ کەسبی بەختیاریو پیرۆزی دنیاو قیامەت بۆ خۆتان •

★ (ولا تَقْرَبُوا مالَ الْيَتيمِ إلاّ بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ) ★
وە قەت نزیکی ماڵی هەتیو مەکەون مەگەر بە شێوەیێ کە جوانترین شێوەی عادەتی بێ وەکو خزمەتکردنیو پارازتنیو زیادکردنی بە شێوەی ڕەوای ئایینی •

★ (حتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ) ★
هەتا ئەگاتە حاڵی هێزو تەوانایی لەشو هۆشیاری ئەو کە کاتی بلووغە •

★ (وأَوْفُوا الْكَيْلَ والمِيزانَ بِالْقِسْطِ) ★
وە پێوانەو کێشانەتان لە مامەڵەدا تەواو بکەن بۆ ماڵ سێن بە شێوەی ڕاسالی شەرعی •

★ (لا نُكَلِّفُ نَفْساً إلاَّ وُسْعَهَا) ★

وە ئێمە لەم داواكردنی راساڵیتانە لە مامەڵەدا هیچ كەسێ تەكلیف ناكەین لەوە زیاتر كە لە هێزو تەوانایا هەیە ئەگەر غەرامێ یا چەن غەرامێ كەم‌و زیاد هەڵكەوت ئەوە چاوپۆشی لێ ئەكرێ •

★ (وإذا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا) ★

وە هەر كاتێ قسەیەكتان وت لە شایەتیدا یا لە ریوایەتا وە یا لە حوكم‌و فەسڵی خوصوومەتا وە یا لە گێرانەوەی وتارا لە عادەتا راست بڕۆن لەو وتارەدا •

★ (ولَوْ كانَ ذا قُرْبى) ★

هەرچەن ئەو كەسەیش كە دەربارەی ئەو قسەكە ئەكەن خزمتان بێ •

★ (وبِعَهْدِ اللهِ اَوْفُوا) ★ :

وە وەفا بكەن بە هەر عەهدێ كە لەگەڵ خودادا كردتان ؛ بەم جۆرە نەزرێكتان كردبێ لەسەر خۆتان یا بە شایەتی خودا تەوبەتان كردبێ لە تاوانێ وە یا هەر شتێ كە خودا بڕیاری داوە لە سەرتان بە وێنەی عەهدێ كە لە بەینی دوو كەسا رابوردبێ وەكو عەهدی نوێژو رۆژوو زەكات‌و حەج‌و جیهادو ئەمر بە چاكەو نەهی لە خراپە بە راستی‌و تەواوی بە جێی بێنن • وە یاخود بە هەر عەهدێكی شەرعی كە لەگەڵ موسوڵمانێكدا كردبێتتان وەكو عەهدی موصالەحەو پەیمانی دۆستی لە نێوان دوو تایفەدا ئەكرێ وە خودای تێدا ئەكرێ بە شایەت وەفا بكەن‌و مەیشكێنن • یاخود هەر وەعدەیەكتان دا بە یەكێ لە كارێكی حەڵاڵدا رایبوێرن‌و بەجێی بێنن‌و حیلافی وەعدە مەكەن •

★ (ذلِكُمْ وصَّيكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرونَ) ★ (١٥٢)

ئەمانە كە بۆتان خوێنرایەوە شتێكن خودای تەعالا وەصیەتی بۆ

کردوون جا رجا وایە ئێوە باسی ئەوە بکەن کە عەهدی خودای تەعالا واجبە چاودێری بکرێ •

★ (وأنَّ هذا صِراطِي مُسْتَقِيماً فاتَّبِعُوهُ) ★

وە ئەمانەی کە لەم سوورەتەدا نازلمان کردوون ئەمانە ڕێگەی ئایینی منو حالیان وایە کە راستنو پێویستە ئێوە پەیڕەوییان بکەن •

★ (ولا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ) ★

وە مەکەونە شوێنی هەواو ئەدیانی جیا جیاو مەکەونە دوای بیرو رای عالمانی بێ عینایەتو ریعایەت وە مەکەونە دووی بیرو باوەڕی کۆمەڵە کۆمەڵەکانی ئادەمیزاد لەو بەندانەی کە بە هەوای خۆیان دروستی ئەکەن هەتا ئەو حالە ئێوە بلاوە پێ بکاو دوورتان بخاتەوە لە ڕێگەی راستی خودای تەعالا •

★ (ذلِكُمْ وصَّيكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقونَ) ★ (١٥٣)

ئەم ئامۆژگاریە جوانانە خودای تەعالا وەصیەتو ئامۆژگاری ئێوەی پێ کردوە بەڵکو خۆتان بپارێزن لە سزای خوداو لە دنیادا لە مەینەتو لە دواڕۆژدا لە تۆڵە رزگار بین •

ریوایەت کراوە لە عەبدوڵلاوە فەرموویەتی : کەسێ حەز ئەکا تەماشای نامەیێ بکا کە مۆری محەمەدی پێوەیە با ئەم سێ ئایەتە بخوێنێتەوە ؛ لە (قل تعالوا ...) هەتا (تتقون) • واتە ئەم ئایەتانە لەبەر ئەوە لە موحکەماتنو بیرو باوەڕی بەرزو ئەحکامی خووو و رەوشتی بلندی ئیسلامییان تێدایەو هەرچیان تێدایە لە دینا بە حورمەتن هەموو نووسرابوونەوە لە نامەیەکداو بە مۆری حەزرەت ـ د ـ مۆر کرابوون •

وە لە واقیعدا سەری هەموو باوەڕێ باوەڕە بە خودای تەنیاو سەری هەموو حەیاو شەرمێ حەیایە لە باوكو دایكو بناغەی نووری دڵ

خۆپارازتنه له گوناهی گەورەو هۆی سەربەرزی زیانەنەگەیاندنه بە نەفس‌و ناموس‌و ماڵ‌و حاڵی خەلك بە تایبەتی ئەوانەی کە زەعیف‌و داماون وەکو هەتیو • وە پاکی ئینسان لەسەر دەست‌پاکیەتی لە موعامەلەداو هۆی باوەڕ بە ئینسان راست‌وتاریە • وە مایەی بەرزی ئوممەت ئەمەیە ڕێگەیان یەك ڕێ بێ‌و راست‌و بەجێ بێ ••• وە هەموو ئەمانە لەم چەند ئایەتەدا هەن •

★ (ثُمَّ آتَيْنا موسى الْكِتابَ تَماماً عَلَى الَّذي اَحْسَنَ) ★ :

پاش ئەوە کە ئەم باسانەم بۆ کردن بزانن تەوراتمان دا بە موسا بۆ تەواوکردنی نیعمەتەکانم لەسەر ئەوو لەسەر بەنی ئیسرائیل ئەوانەیان کردەوەیان باش بو وە عیبادەتیان بە باشی ئەکرد •

★ (وتَفْصِيلاً لِكُلِّ شَيْءٍ وهُدىً ورَحْمَةً) ★

وە بۆ رووناککردنەوەی هەموو ئاداب‌و ئەحکامی دین لە هەموو بابەتێکەوەو بۆ شارەزاکردنی بەنی ئیسرائیل بۆ ڕێگەی خوداپەرستی‌و بۆ دەربڕینی میهرەبانی خۆم لەسەریان •

★ (لَعَلَّهُمْ بِلِقاءِ ربِّهِمْ يُؤْمِنونَ) ★ (١٥٤)

وە لەم هەموو میهرەبانیەدا مەبەس ئەوە بو بەلکو ئەو بەنی ئیسرائیلیانە ئیمان بێنن بە ڕۆژی قیامەت‌و بە لیقای خودای خۆیان •

★ (وهذا كِتابٌ اَنْزَلْناهُ مُبارَكٌ فَاتَّبِعوهُ واتَّقوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمونَ) ★ (١٥٥)

وەئەم قورئانەیش کە ناردوومە بۆ سەر حەزرەتی محەمەد ـ د ـ کتێبێکی پیرۆزە دەی بکەونە شوێنی‌و لە خودا بترسن لە چاودێری عیبارەت‌و ئیشارەت‌و دەلالەت‌و ئەنوارو ئەسراری ئەم کتێبە بە هیوای ئەوە کە لە لایەنی خوداوە میهرەبانیتان لەگەڵا بکرێ •

★ (اَنْ تَقُولوا : إِنَّمَا اُنْزِلَ اْلكِتابُ على طائِفَتَيْنِ مِنْ قَبْلِنا وإِنْ كُنَّا عَنْ دِراسَتِهِمْ لغَافِلِينَ) ★ (١٥٦)

مەبادا بڵێن : کتێبێ نەهاتوەتە خوارەوە ئیللا بۆ سەر دوو تایفە لە پێش زەمانی ئێمەدا کە بریتین لە جوولەکەو گاورو بە راستی ئێمەیش لە خوێندنو خوێندەواری وێنەی ئەوان بێئاگا بووینو مادام کتێب بۆ ئێمە نەهاتوە ئێمە عەلاقەمان نیە بە شەریعەتی ئەوانەوەو لە لایەنی خوداوە موکەللەف نین •

★ (اَوْ تَقُولوا : لَوْ اَنَّا اُنْزِلَ عَلَيْنا اْلكِتابُ لَكُنَّا اَهْدى مِنْهُمْ) ★

یاخود بڵێن : ئەی قەومی حیجاز ئەگەر کتێبێ نازڵ ببوایە بۆ سەر ئێمە ئەوە ئێمە شارەزاتر ئەبووین لە بەنی ئیسرائیلیەکان بە ئەحکامی دینو چالاکتریش ئەبووین لە رەفتاردا •

★ (فَقَدْ جاءَكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وهُدىً ورَحْمَةٌ) ★

ئەوە بەراستی هات بۆتان دەلیلو بورهانێکی قەطعی لە لایەنی خودای خۆتانەوەو هات بۆتان کتێبێ کە هۆی شارەزابوونتانە بۆ رێگەی دینو ئەو کتێبە میهرەبانیو نیعمەتی خودایە بۆ ئێوە •

★ (فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنْ كَذَّبَ بِآياتِ اللهِ وصَدَفَ عَنْها ؟) ★

جا ئەوە کێیە زاڵمتر بێ لەو کەسە کە ئایاتی خودا بە درۆ بخاتەوەو پشتی لێ هەڵبکا ؟

★ (سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آياتِنا سوءَ العَذابِ بِما كانوا يَصْدِفونَ) ★ (١٥٧)

لەمەولا سزای ئەو کەسانە ئەدەین کە لا ئەدەن لە ئایەتەکانی ئێمە بە سزادانێکی سەختو ناهەموار بە هۆی ئەوەوە کە لە ئایاتی ئێمە لایان ئەدا •

★ (هَلْ يَنْظُرُونَ إِلاّ أَنْ تَأْتِيَهُمُ الْمَلَٰئِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَو يَأْتِيَ بَعْضُ آياتِ رَبِّكَ) ★

ئەم كافرانی مەكە ئەوەندە سەرسەختو بەدبەختن چاوەڕوانی ناكەن بۆ فریشتەی گیانكێشان نەبێ بۆ سەریان یا بۆ هاتنی ئەمری خودا بە فەوتانی گشتی یا بۆ هاتنی بازێ لە ئایاتی هاتنی رۆژی قیامەت وەكو دەرچوونی رۆژ لە خۆرنشینەوە •

★ (يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آياتِ رَبِّكَ لا يَنْفَعُ نَفْساً إيمانُها لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إيمانِها خَيْراً) ★

وە لەو رۆژەدا كە ئەو بازە ئایەتی نیشانەی هەڵسانی قیامەتە بێت سوود نادا ئیمان هێنانو موسوڵمان بوونی هیچ كەسێ كە لە پێش ئەو رۆژەدا ئیمانی نەهێنابێ وە یا ئیمانو كردەوەی چاكەی نەبووبێ • واتە سوودوەرگر لە ئیمان كەسێكە یا هەر تەنیا ئیمانەكەی بووبێ لە پێشا یاخود ئیمانو كردەوەی باشیشی بووبێ ئەگەرنا یەكێ لە پاش ئەو ئایەتە ئیمان بێنێ ئەوە ئیمانەكەی بێسوودەو تۆبەكردنیشی نابوودو نامەقبووڵو نارەوایە •

★ (قُلِ : انْتَظِرُوا إِنَّا مُنْتَظِرُونَ) ★ (١٥٨)

ئەی پێغەمەری رەهبەر بڵێ بەو كافرانە : مادام ئێوە حاڵتان وەهایە چاوەڕێ بن بۆ یەكێ لەوانە وە ئێمەیش چاوەڕێ ئەبین •

بزانن ! ئەم ئایەتە هاتوە لە مەقامی نائومێدی دەربڕین لە ئیمانی ئەو كافرە ملهوڕانەو لە عەینی كاتا هەڕەشەیشە لەوانە كە تووشی یەكێ لەم مسیبەتانە ئەبن یا یەكە یەكە بە كافری ئەمرن ، وە یا سزای گشتییان لە لایەنی خوداوە بۆ دێت . وە یاخود هەروا دەوام ئەكەن هەتا دەرگای تۆبەیان لێ دائەخرێ ، ئەگەرنا لە واقیعدا ئەوانە چاوەڕێی ئەم شتانەیان

نەکردوە هەر ئەوەندە بوە باوەڕیان بە دین و ڕەهبەری پێغەمەر نەبوەو بە مەغرووری زیندوو هەتا لە جیهانا ماون •

ئەبو هورەیرە ریوایەتی کردوە لە پێغەمەردوە ئەفەرموێت : رۆژی قیامەت نایەت هەتا رۆژ نەگەڕێتەوە ، کاتێ کە رۆژ گەڕایەوە خەڵك هەموو ئیمان دێنن . بەڵام ئەو ئیمانەیان کاتێکە هیچ سوودێ نابەخشێ •

هەروا ئەبوهورەیرە ریوایەتی کردوە لە پێغەمەرەوە کە فەرموویەتی : سێ شت دەرئەکەون کە ئەوانە دەرکەوتن ئیتر ئیمان هێنان سوودی نیە : دەججال هەڵسان . پەیدابوونی (دابة الارض) ، گەڕانەوەی رۆژ لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات •

جا لەبەر ئەوە کە موشریکەکانی حیجاز لایاندابوو لە ئایینی ئیبراهیمی حەنیف و بتپەرستییان وەرگرتبوو و هەر کۆمەڵێ لەسەر بتێ و لەسەر ئەخلاقێ بوون هەروا گاورو جوولەکەیش هەموو جیاجیاو بەش بەش بووبوون لە ئاداب و تەم بڵاوەبوونی ئادەمیزادە لە بیرو باوەڕدا لەگەڵ یاسای دینـــا رۆژئاکەوتنی خودای تەعالا حەزرەتی محەمەدی ـ د ـ ئاگادار کردەوە لـە راستی ئە یەکیەتی ئەو مەبدەءو ئامانجەو فەرمووی :

★ (إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە دینی خۆیان بڵاوکردوەتەوە بە چەن بەش و هەر کۆمەڵێ بەشێ ئەوەیان وەرگرتوەو بوون بە چــەن تیرەو تایفە ئــەوە بزانە تۆ لەوانە نیت . وە یا تۆ حەقت نیــە بــە ســەر بڵاوی و جیــاوازی ئەوانەوە •

★ (إِنَّمَــا أَمْرُهُــمْ إِلَى اللَّهِ ثُــمَّ يُنَبِّئُهُــمْ بِمَـــا كَــانُوا يَفْــعَلُونَ) ★ (١٥٩)

کاری ئەوانەو پاداشتی بیرو باوەڕو کردەوەیان حەواڵەی خودایە . جا

لە رۆژی خۆیا خودا ئاگاداریان ئەکا بە جەزای ئەوەی کە ئەوان لەمەوپێش کردوویانە •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : هیچ ئومەتێ لە جیهانا ژیواری بەختیاریو کامەرانی نەبوەو نابێ بێ یاساو مەبدەء وە کۆمەڵی بێ مەبدەء ئەبێ بە شۆرِشو ئاژاوە بژیو ئاژاوەیش جگە لە بەدبەختی ئەنجامی نابێ •

دووەم : مەبدەء هێزێکی ئەوێ بۆ ئەوەی پێی تەتبیق بکرێ ئەگەرنا یاسایێ هەر نووسراو بێو کەس نەیبا بە رێوە ئەنجامی هەر بێ ئەنجامی‌یە ، وە ئەم هێزەیش بریتیە لە فەرمانداریێ کە هەلبژێررێ بۆ ئیدارەی ئەو ئوممەتەو بۆ تەتبیقی ئەو مەبدەءو یاسایە • وە ئەم هەلبژاردنەیش پێویستە لە هۆشیارانی ئەو ئومەتەوە بێو بە ئازادی بە بێ زۆرو روو ئەو فەرماندارە هەڵبژێرنو ئەویش بەجێهێنانی مەبدەئەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی •

سێهەم : هیچ ئومەتێ نەبوەو نابێ لە کاتی دەربرِینی عەقیدەو بیروباوەرِا ئیختیلافیان نەبێ چونکە ئەفکار جیاجیان ، کە وابێ چاری دەفعی ئەم ئیختیلافە ئەمەیە کە دەقەکانی ئەو دەستوورو مەبدەئە کە هەیانە بکرێ بە حاکم لەسەر هەموو خاوەن بیرەکانو تا ئەتوانن لەو دەقانە دەرنەچن •

کە ئەم قسانە دامەزران بزانن پێویستە ئەو ئومەتە هەمیشە لە کاتی جیاوازیدا لای زۆرمە بگرنو هەر بیرێ پاڵپشتی زۆر بوو لە هۆشیارانی ئەهلی نیزام ئەو بیرە بکرێ بە یاسای رەفتاری رۆژ •

جا کاتێ ئێمە تەماشای ئەم قسانەمان کرد ئەزانین لە عالەمی دینی ئیسلاما کە مەبدەئەکەی قورئانی پیرۆزە قەت ئومەتێ نەبوە بە قەدەری ئوممەتی ئیسلام دەقی مەبدەء رابگرێ ، وە ئەو جیاوازیانە کە لە بەینی زانایانی ئبندا

بودو هەیە لە ئەسڵی دیندا نیە بەڵکو لە بازێ مادەدا هەیە کە نە فورووعو لە ئەحکامی عەمەلییەنو دوورکەوتنەوەی ئومسەت بە تەواوی لە جیاوازی لە فورووعدا وەکو مەحاڵ وایەو ئەم جۆرە جیاوازیە زیان لە کیانی دین نادا •

★ (مَنْ جاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ اَمْثالِها ومَنْ جاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلا يُجْزى إلاّ مِثْلَهَا وهُمْ لا يُظْلَمونَ) ★ (١٦٠)

هەر کەسێ کردەوەیەکی باشو موافیقی حەق بکا ئەوە دە قاتی کردەوەکەی پاداشی باشی هەیە ، وە هەرکەسێ کردەوەیەکی خراپ بکا هەر بە قەی ئەوە تۆڵەی هەیەو زیادەی نیە ؛ چونکی ستەم رەوانادرێ بۆ کەس بە تایبەتی بۆ ئەوانە کە وان لە مەیدانی فەرمانی خودادا •

ئەبوهورەیرە ریوایەتی کردوە لە پێغەمەرەوە کە خودا فەرموویەتی : هەر کاتێ بەندەی من ویستی چاکەیەك بکاو نەیکرد پاداشی یەك چاکەی بۆ بنووسن وە ئەگەر کردی پاداشی دە چاکەی بۆ بنووسن • وە ئەگەر ویستی خراپەیەك بکاو نەیکرد هیچی لەسەر مەنووسن . وە ئەگەر کردی تۆڵەی یەك خراپەکەی لەسەر بنووسنو دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (من جاء بالحسنة فله عشر امثالها ومن جاء بالسيئة فلا يجزى الا مثلها وهم لا يظلمون) •

★ (قُلْ : إنَّني هديني ربّي الى صِراطٍ مُسْتَقيمٍ دِيناً قِيَماً مِلَّةَ إبْراهِيمَ حَنِيفاً وما كانَ مِنَ المُشْرِكينَ) ★ (١٦١)

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست لە مەقامی باسی نازو نیعمەتی خوادا بڵێ : بە راستی خودا منی شارەزا کردوە بۆ رێگەی راست کە برێتیە لە دینو ئایینێکی راوەستاوی دامەزراو کە برێتیە لە دینی تەوحید کە دینی ئیبراهیمی خەلیلەو ئیبراهیم حاڵی وابوو لای دابوو لە هەموو شێوەیەکی نابارو لە هەموو ئایینێکی ناهەموار بۆ لای دینی پاکی ئیسلامو لە موشریکەکان نەبوو •

★ (قُلْ : إِنَّ صَلاتِي ونُسُكِي ومَحْيايَ ومَماتِي للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ★ (١٦٢)

تۆ بڵێ : بە راستی نوێژی منو ئادابی حەجکردنمو ژیانو مردنم هەر بۆ خودایەو بە دەستی ئەوەو پاداشم لای ئەوە ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە •

★ (لا شَرِيكَ لَهُ وبِذلِكَ اُمِرْتُ واَنا اَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ) ★ (١٦٣)

هیچ شەریكو هاوڕێ نیە بۆ ئەو خودایەو من ئەمرم بەمە پێکراوە وا بڵێم من لە ئەووەڵ موسوڵمانەکانم بە نیسبەتی ئەم ئوممەتەوە کە من رەهبەری ئەوانم •

★ (قُلْ : اَغَيْرَ اللهِ اَبْغِي رَبًّا وهُوَ ربُّ كُلِّ شَيْءٍ ؟!) ★

تۆ بڵێ : چۆن ئەبێ من بێجگە لە خودای عالەم بۆ خودایەکی تر بگەڕێمو داخوازی بەندەیی ئەو بکەم کەچی خودای من خودای هەموو شتێکە ؟!

★ (ولا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلاّ عَلَيْها ولا تَزِرُ وازِرَةٌ وِزْرَ اُخْرى) ★

وە بڕیاری ئەوەی داوە کە هەر نەفسێ کاسبی ناکا لەسەر خۆی نەبێ ، وە هیچ کەسێکی تاوانبار باری کەس هەڵناگرێو تاوانی کەسێکی تر ناخرێتە سەرشانی •

★ (ثُمَّ إِلى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ) ★ (١٦٤)

جا پاش ئەم ژیانەو لە دوای چەرخی ئەم جیهانە گەڕانەوەتان بۆ لای خودای خۆتانە جا خودا خەبەرتان پێ ئەدا بە حەق لەو شتانەدا کە جیاوازیتان هەبوە تیایانا •

★ (وهـو الـذي جعلكـم خـلائـف الأرض ورفـع بعضكـم فوق بعض درجات) ★

خودا ئەو خودایە کە ئێوەی ڕیزکردوە لە عالەمی وجوودا بازێکتان بە شوێن بازێکتاندا دائەنیشێ لە عەرزا وە بازێکتانی بەرزکردوەتەوە بەسەر بازێکتانا بە چەن پایەو پلەیێ •

★ (ليبلوكم في ما آتيكم) ★

بۆ ئەوە کە تاقیتان بکاتەوە لەو پایەدا کە پێی داون •

★ (إن ربك سريع العقاب وإنه لغفور رحيم) ★ (١٦٥)

جا بزانن خودا کە خواستی لەسەر تۆڵە سەندن بێ بە گورجی تۆڵە ئەسێنێ وە بە ڕاستی خودا تاوانپۆش و میهرەبانە •

سورة الاعراف

مكية الا من آية ١٦٣ الى ١٧٠ فمدنية ، وآياتها ٢٠٨ نزلت بعد سورة (ص)

ئەم سوورەتە ناوبراوە بە سوورەتی (ئەعراف) لـە بەر ناوبردنی (اعراف) لە ئایەتی (وعلى الاعراف رجال ...)و ئایەتی (ونادى اصحاب الاعراف رجالا) دا .

بِسمِ اللهِ الرّحمنِ الرّحيمِ

★ (المص) ★ (١)

خودای تەعالا خۆی ئەزانێ مەبەستی چی بوە بەم کەلیمە .

★ (كتابٌ اُنْزِلَ إليْكَ فلا يَكُنْ في صَدْرِكَ حَرَجٌ مِنْهُ لِتنْذِرَ بِهِ وذِكرى لِلمُؤْمِنينَ) ★ (٢)

واتە ئەمە کتێبێکە نازڵکراوە بۆ لای تۆو پێویستە تۆ بیگەیەنی بە خاوەن هۆشانو هەموویان بترسێنی لـە سزای رۆژی قیامەت لـە کاتی نافەرمانی خودادا . وە ئەوانە کە موسوڵمانو خاوەن ئیمانن بـەم کتێبـە بیریان تازە بکەیتەوەو حـەق بخەیتە بەرچاویانو بـە یاسای عادەت لـەم گەیاندنی کیتابەدا ئازارت تووش ئەبێو گیرۆدەی ئینسانی دوور لە ماریفەت ئەبی دەی با دڵت تەنگ نەبێو لە سینەتا ئازار نەبێ لەم هۆوە ؛ چونکی ئەمە یاسای رەهبەرانە لە جیهانا .

★ (اتَّبِعوا ما اُنْزِلِ إلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ ولا تَتَّبِعوا مِنْ دونِهِ اَوْلياءَ) ★

بکەونە دوای ئـەوەی لـە لای خوداوە بۆتان نازڵکراوەو مەکەونە دووی ئەوانەی کە کردووتتان بە دۆستی خۆتان بێجگە لە خودای تەعالا .

★ (قلِيلاً ما تَذَكَّرونَ) ★ (٣)

وە لە کەمێ جارا ئێوە بیر لـە حاڵی خۆتان ئەکەنەوەو لـە ئەنجامی ژیانتان تێدەفکرن ئەگەرنا کردەوەتان وا نەدەبوو •

★ (وكَم مِن قَرْيَةٍ اَهْلَكْناها فَجاءَها بأْسُنا بَياتاً اَوْ هُمْ قائِلونَ ؟)★ (٤)

وە زۆر ئاواییـان وێران کـردو ئەهلەکـەیمان لـەناو برد لەبـەر بەدکردەوەیی خۆیانو ئەو سزا کە بۆم حەواڵە کردبوون هات بۆیان لە کاتی شەودا لە گەرمە خەودا وە یاخود لە کاتی نوستنی نیوەڕۆداو لەو کاتەدا کە ئەوان نوستبوون !

★ (فَما كانَ دعْويهُمْ إذْ جاءَهُمْ بَأسُنا إلاّ اَنْ قالوا : إنّا كُنّا ظالِمينَ) ★ (٥)

وە لـە کاتی هاتنی سزاکەماندا هیچ قسەو باسێکیان بۆ نەمابوەوە ئەوە نەبێ کە ئەیانوت : بە ڕاستی ئێمە ستەمکار بووینو لە فەرمانی خودا دەرچووین •

★ (فلَنَسْئَلَنَّ الّذينَ اُرْسِلَ إلَيْهِمْ ولَنَسْئَلَنَّ المُرْسَلينَ) ★ (٦)

وە بە ڕاستی بێگومانو بێ شوبهە لە ڕۆژی قیامەتا پرسیار ئەکەین لەو کافرانە : کە پێغەمەرەکانمان ڕەوانەکردبوو بۆ لایان بۆچی بە گوێی ڕەهبـەرەکانیان نەکـرد ؟ وە پرسیاریش ئەکـەین لـەو پێغـەمەرانە کـە ڕەوانەکـراون بۆ لای ئـەوان : کـە ئـەو کافرانە چۆن وەڵامی ئێوەیان دایەوەو ؛ لە بەرچی ملەجڕەیان کرد لە وەرگرتنی دەستووری ئێوە ؟

★ (فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِمْ بِعِلْمٍ وما كُنّا غائِبينَ) ★ (٧)

وە لەو کاتەدا کە پێغەمەرەکان ئەڵێن ئێمە باش ئاگادار نین لە وەڵامی کافرەکان ئێـمە هەموو ماجەرایان بۆ ئەگێڕینەوە لـە ڕووی زانستەوە ؛

چونکی ئێمە لەو رەهبەرانەو لە ئوممەتەکەیان غەیب نەبووین هەتا شتێکسان لە هەواڵیان لێ گوم بێ •

★ (والوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الحَقُّ) ★

جا کێشانی کردەوەی خاوەن تەکلیفەکان لەو رۆژەدا لە ئادەمیزادو پەری گەورەو بچووك داراو نەدارا هەموو راستە •

★ (فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوازِينُه فأُولئِكَ هُمُ المُفْلِحونَ (٨) ومَنْ خَفَّتْ مَوازِينُهُ فأُولئِكَ الَّذينَ خَسِرُوا اَنْفُسَهُمْ بِما كانُوا بِآياتِنا يَظْلِمونَ) ★ (٩)

جا هەرکەس کێشانەی کردەوەی چاکەی گران بێ ئەوە ئەوانە رزگارن لە سزاو ئازار ، وە هەر کەسێکیش کێشانەی کردەوەی سووك بێ ئەوە زەرەرمەندو رەنج لەکیس چوە بە هۆی ئەوەوە کە نە خوصووصی ئایەتەکانی ئێمەوە غەدریان کردوەو ئینکاریان کردوە •

★ (ولَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الاَرْضِ وجَعَلْنَا لَكُمْ فِيها مَعَايِشَ) ★

وە بە راستی من ئێوەم دامەزراندوە لە زەویدو ئەسبابی ژینو ژیوارمان بۆ دانانو مەیدانی کاسبیسان پێدان •

★ (قلَيلاً ما تَشْكُرونَ) ★ (١٠)

بەڵام ئێوە کەم جار سوپاسی نیعمەتی خودا ئەکەن •

★ (ولَقَدْ خَلَقْناكُمْ ثُمَّ صَوَّرْناكُمْ) ★

بە راستی باوکی ئێوە ئادەممان دروست کردو ئەمرمان کرد کە بازێ گڵیان هێناو شێلایانو کردیان بە قورێکی ساف ، پاش ئەوە شێوەو پەیکەرمان بۆ دروستکردن تا بوو بە ئادەمیزادێکی باش •

★ (ثُمَّ قُلْنا لِلْمَلَئِكَةِ : اسْجُدوا لِآدَمَ فَسَجَدوا إلاَّ إبْلِيسَ لَمْ يَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ) ★ (١١)

ئەمرمان کرد بە فریشتەکان پێمانوتن : کە سوجدە ببەنە بەر حەزرەتی ئادەم جا هەموویان سوجدەیان برد بۆ ئادەم شەیتان نەبێ ئەو موبالاتی نەکردو لە کومەڵی سوجدە بەرەکان نەبوو •

★ (قالَ : ما مَنَعَكَ ألاَّ تَسْجُدَ إذْ أمَرْتُكَ ؟ قالَ : أنا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نارٍ وخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ) ★ (١٢)

خودا فەرمووی : ئەی ئیبلیس ئەوە چی تۆی مەنع کردو بوو بە هۆی ئەوە کە سوجدە نەبەی بۆ ئادەم لەو کاتەدا کە من ئەمرم پێ کردیت ؟ ئیبلیس لە وەڵاما وتی : من زاتێکی باشترو عونصورێکی بەرێزترم لە ئادەم ؛ تۆ منت دروستکردوە لە ئاگری رووناکو ئادەمت دروستکردوە لە گڵ •

★ (قالَ : فاهْبِطْ مِنْها فَما يَكونُ لَكَ أنْ تَتَكَبَّرَ فِيها) ★

خودایش فەرمووی : دەی داپەڕە خوارەوە لە بەهەشتو بۆ تۆ رەوا نیە کە فیزو دەمار بکەی لە بەهەشت ؛ چونکە بەهەشت جێگای چاکانەو جێی خراپکاری تێدا نابێتەوە •

★ (فاخْرُجْ إنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ) ★ (١٣)

دەی دەرچۆ لە جێگای رێز بە راستی تۆ لەوانەی کە قەدریان ناگیرێ •

★ (قال : أنْظِرْني إلى يَوْمِ يُبْعَثُونَ) ★ (١٤)

ئەویش وتی : خودایا مادام لەسەر سوجدە نەبردن بۆ ئادەم منت دەرکرد مۆڵەتم بدە تا رۆژی قیامەت دادێو مەیدانی وەسوەسە نامێنێ ، هەتا بە ئارەزووی خۆم نەوەی ئادەم گومڕا بکەم •

★ (قالَ : إنَّكَ مِنَ المُنْظَرِينَ) ★ (١٥)

خودایش فەرمووی : بە راستی تۆ لەوانەی کە مۆڵەتیان دراوە تا ئەو کاتەی دەوات کرد •

★ (قالَ : فَبِما اَغْوَيْتَني لَاَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِراطَكَ المُسْتَقِيمَ) ★ (١٦)

شەیتانیش وتی : مادام تۆ گومڕات کردم ئەبێ من دابنیشم لەسەر ڕێگەی راستی تۆ کە دینی ئیسلامە بۆیان بۆ ئەوە کە بە ئارەزووی دنیاو پایەو مایە تەفرەیان بدەم هەتا لە ڕێگە دەربچن •

★ (ثُمَّ لَآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ اَيْدِيهِمْ ومِنْ خَلْفِهِمْ وعَنْ اَيْمانِهِمْ وعَنْ شَمائِلِهِمْ) ★

وە لە پاش ئەوە کە ڕێگەی دینی ئیسلامم لێ گرتن دێم بۆیان لە بەردەمەوەو لە پشتەوەو لە چەپو راستەوە ، واتە بە هەموو جۆرێ کە بکرێ موحاوەلە ئەکەم بۆ ئەوە لە دین لایان‌دەمو گومڕایان بکەمو بیان‌کەم بە پەیڕەوی خۆم •

بازێ فەرموویانە : یانی دێم بۆ ئەو موسوڵمانانە لە ڕێگەی قیامەتەوە بە ئینکاری بوونی یا بە ئینکاری سزاکەی وە لە ڕێگەی دنیاوە بە جوانکردنی لە پێش‌چاویان ، وە لە ڕێگەی خەیراتەوە بۆ خودا کە نەیکەن یاخود عوجبی پێ پەیدا بکەنو لە خۆیان بایی بین ، وە لە ڕێگەی کردەوەی خراپەوە بەم جۆرە وایان لێ ئەکەم کە زۆر کردەوەی شەڕ بکەن وە یا بە حەڵاڵی بزانن وە یا تەوبەی لێ نەکەن ، وە بەم جۆرانە مەشغوولیان ئەبم هەتا زاڵ ئەبم بە سەریاناو لە دین لایان ئەدەم •

★ (ولا تَجِدُ اَكْثَرَهُمْ شاكِرِينَ) ★ (١٧)

وە لە ئەنجاما دەرئەکەوێ کە زۆربەی ئەو عیبادانە فەرمانی تۆ نابەن بە ڕێوەو ئیتاعەت ناکەن •

★ (قَالَ : اخْرُجْ مِنْهَا مَذْؤُماً مَدْحوراً لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكُمْ أَجْمَعِينَ) ★ (١٨)

جا خودای تەعالا فەرمووی بە شەیتان : دە دەرچۆ لە بەهەشت بە بەدناوی‌و دەرکراوی سوێند ئەخۆم هەرکەس لەوان شوێنی تۆ بکەوێ‌و پەیڕەوی تۆ بکا ئەوە دۆزەختان لێ پڕ ئەکەم ، واتە دوزەخ پڕ ئەکەم لە شەیتان‌و پەیڕەوەکانی لە ئادەمیزادو پەری •

★ (ويا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وزَوْجُكَ الْجَنَّةَ) ★

ئەی ئادەم نیشتەجێ ببە تۆو ژنەکەت‌و دامەزرێن لە بەهەشتا بە ئازادی‌و دڵشادی •

★ (فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا ولا تَقْرَبا هذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكونَا مِنَ الظَّالِمِينَ) ★ (١٩)

وە خواردەمەنی بخۆن لەم بەهەشتەدا لە هەر شوێنێکەوە ئارەزووتان لێ هەیە ؛ چونکی بەهەشت وەکو باخی سەرزەوی نیە لە بزێ کاتا خاوەن میوەو خاوەن بەر بێ‌و لە بازێ کاتا بێ‌بەرگ‌و بێ سەمەر بێ ؛ وە نیعمەتەکانی‌و میوەی دارەکانی لە هەموو کاتێکدا هەن‌و نابڕێنەوە • بەڵام نزیکی ئەم دارە مەکەونەوە کە داری گەنمە هەتاکو نەبن بە خاوەن ئارەزووی فاسیدو داخڵی کۆمەڵی ستەمکاران بین •

★ (فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطانُ) ★

جا شەیتان لەبەر ئەو دوژمنایەتیە کە بووی لەگەڵ ئادەما بە هۆی ئەوەوە بوو بە هۆی دەرچوونی لە بارەگای رەحمەتی خوداو لەسەر ئەو مۆڵەتەی کە پێی درابو لە لایەنی خوداوە بۆ تەفرەدانی ئادەم‌و ئادەمیزاد •• دەستی کرد بە فڕدانی وەسوەسەو خەیاڵاتی پووچ بۆ دەماخی ئادەم‌و حەوا بۆ ئەوە کە لەو دارە نەهی‌لێ‌کراوە بخۆن •

★ (لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُرِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا) ★

هەتا بە هۆی خواردنەکەوە موحتاجی سەراو ببن‌و ئەو عەورەتەیان کە لەوەپێش بــە پەردەی کەرەمی خودایی داپۆشراوە دەربکەوێ‌و ئــەو یاسای زیانە کە خودا بۆی داناون تێك بچێ . چونکی خودا نیعمەتێ دای بە هەرکەسێ هەی ناگرێ هەتا خاوەن نیعمەتەکە ئەبێ بە هۆی لابردنی •

★ (وَقَالَ : مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ) ★ (٢٠)

وە شەیتانی نەفرین‌لێکراو وەسوەسەی خستە دڵیانەوەو وتی : لەو دارە بخۆن . ئەوانیش وتیان : ناتوانین لێی بخۆین خــودا نەهی کردووین لــە خواردنی ئــەوە . ئەویش وتی : گوێم لێ بگرن پێتان ئەڵێم : ئێوە بەراوردی جیهانتان نەکردوەو سەرتان نەبردوەتە ناو کارەوە ، راستە خودا نەهی کردوە لێتان بەڵام ئەو نەهیەی لەبەر ئەوە لێ نەکردوون کە حەز ناکا بە خواردنی ئەو کەنە هێزتان زۆر ببێ لەسەر عیبادەت‌و ببن بە فریشتە وە یا لەشتان ئەستوورو خۆگر ببێ‌و موقاوەمەی دەردو بەڵا بکاو هەتا هەتایە بژین • وەرن لێی بخۆن هەتا دڵتان بەهێز ئەبێ‌و لەشتان خۆی‌ئەگرێ لەسەر عیبادەت‌و بەرانبەرکێی پێ ئەکرێ بۆ دەردو بەڵا • ئەوسا وەکو فریشتە عیبادەت ئەکەن بە وێنەی نزیکەکانی بارەگاو دەوام ئەکەن هەتا هەتایە •

★ (وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ) ★ (٢١)

وە لەبەر ئەوە کە ئادەم‌و حەووا لە ئەووەڵەوە دوودڵ بوون‌و قسەکەی ئیبلیسیان باش وەرنەگرت هات سوێندی بۆ خواردن بە دڵو رۆیشتە ژێر سوێندەکەی‌و پێی وتن : بە خودا من لەو دڵسۆزانەم کە سوودی ئێوەم ئــەوێ •

★ (فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ) ★

جا ئادەم‌و حەووای هێنــایە خوارەوە بۆ ســەر ئارەزوە دوژمنــانە نامەردانەکەی خۆی لەبەر بابی‌بوونیان بەم سوێندە وە وایانزانی کە کەس سوێندی درۆ ناخوا نەیانزانی کە فێڵ‌و فڕو دەست‌بڕین یەکێ لە هۆکانی

دراوەو یەکێکیان سوێندی درۆیەو یەکێکیان پێش‌چاو خستنی شان‌و پایەی رووی دنیایە •

★ (فلَمَّا ذاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُما سَوْآتُهما وطَفِقا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِما مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ) ★

جا لە کاتێکدا لە بەری ئەو دارگەنمەیان خواردو بێ‌فەرمانی خودایان کرد لە نەگبەتی ئەو تاوانەوە ئەو پەردەیە بەسەر عەورەتیانەوە بوو نەماو هەڵماڵراو عەورەتیان دەرکەوت ، ئەوانیش لەم رووداوە نائاسابیەیان کەوتنە پەلەپەل بۆ داپۆشینی عەورەتیان‌و گەڕان هەتا گەڵای هەنجیریان دەسکەوت ، کە لە حاڵی ئێستە گەڵێ پانتر بوون ، ئەو گەڵا هەنجیرەیان لکاند بەسەر عەورەتیانا کە لە گەڵا داری بەهەشت بوو •

★ (وناديهما رَبُّهما : أَلَمْ أَنْهَكُما عَنْ تِلْكُما الشَّجَرَةِ وأَقُلْ لَكُما إنَّ الشَّيْطانَ لَكُما عَدُوٌّ مُبِينٌ ؟!) ★ (٢٢)

خودا لە پشت پەردەوە بانگی لێ‌کردن : بۆچی واتان کرد بە خۆتان ؟ ئایا من نەهیم لێ‌نەکردن لە نزیك‌کەوتنەوەی ئەو دارەو لە خواردنی بەرەکەی ؟ ئایا پێم نەگوتن بە گوێی شەیتان مەکەن شەیتان دوژمنێکی دیاری ئێوەیە ؟!

★ (قالا : رَبَّنا ظَلَمْنا أَنْفُسَنا وإنْ لَمْ تَغْفِرْ لنَا وتَرْحَمْنا لَنَكونَنَّ مِنَ الْخاسِرِينَ) ★ (٢٣)

جا ئادەم‌و حەوا پاڕانەوە لە بارەگای بێ هاوتای پەروەردگارو وتیان : ئەی پەروەردگاری ئێمە بە راستی ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد بە دەرچوون لە فەرمانی تۆو ئێستە شایاوی تۆڵەین وە ئەگەر عەفومان نەکەی‌و میهرەبانی نەکەی لەگەڵمانا لە زیانکاران ئەبین •

★ (قال : اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ولَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ ومتاعٌ إلى حِينٍ) ★ (٢٤)

جا خودا پێی فەرموون ، بە خیتابی کۆمەڵ لەبەر ئیحتیرام یا تەماشای موستەقبەل : داپەڕن لە بەهەشت لە ژووری ئاسمانەکانەوە بە هێزی غەیبی خۆم بە شێوەی چاودێری میزانی ژیان بۆ سەر زەوی ئەو زەویەی کە بڕیارم داوە بۆتانو بە تەبیعەتی حاڵ بازێکتان دوژمنی بازێکتان ئەبن ؛ چونکی مادام کەوتنە هەوای ژیانو پارازتنی کەرامەت ئەکەونە کەشان کەشان بۆ پەیداکردنی سوودو بۆ دەفعی زیانو لێرەدا غالبو مەغلووب پەیدا ئەبێو بازێکتان ئەبێ بە دوژمنی بازێکتان • وە بۆ ئێوەیە لە زەویدا ئارامگرتنو مانەوەو لەزەتوەرگرتن لە ژیوارو لە پایەو مایە هەتا کاتێ کە بڕیاردراوە بۆتان •

★ (قَالَ : فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ) ★ (٢٥)

خودا پێی فەرموون لە زەویدا ئەژینو لە زەویدا ئەمرنو هەر لە زەویش دێنەوە دەرەوەو ئەچن بۆ حەشرو حسێبو جێگەگرتنی بە دەوام لە کاتی قیامەتا •

★ (يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاساً يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشاً) ★

بە موناسەبەی ئەوەوە کە حەزرەتی ئادەم لە بەهەشتا لەگەڵ حەوادا گەڵای هەنجیریان ئەلکان بە عەوردتیانەوە هەتا دەرنەکەوێو ئەمەیش ئەوەی لێدەرئەکەوێ کە دەرخستنی عەورەت بە تەبیعەت موخالیفە بۆ کەرامەنی ئینسان •• خودای تەعالا بۆ منەتدانان لەسەر نەتەوەی ئادەم فەرمووی : ئەی ئادەمیزاد ! بە راستی ئێمە لە ئاسمانەوە بارانێکمان باران هەتا گیای پەموو سەوز بێو لەو پەمووە بەرگ دروست بکرێو ئێوەیش بیکەنە بەر ؛ هەروا لە ئاسمانەوە بارانمان باراند بۆ ئەوە کە گیای هەمەجۆرە بڕوێتو مەڕو بزنو گاو مانگاو وشتر بیخۆنو لەو حەیوانانە خوریو مەرەز پەیدا بێو ئادەمیزاد بیکەن بە بەرگو بیکەنە بەرو پێی جوان بن •

★ (وَلِباسُ التَّقْوى ذلِكَ خَيْرٌ) ★

بەڵام بەرگی پارێزکاری و خۆلادان لە هۆی سزای خودا باشترە لەم کراسە زاهیرە کە ئەیکەنە بەر •

★ (ذلِكَ مِنْ آياتِ اللهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرونَ) ★ (٢٦)

وە ئەم دروستکردنی لیباسە بناغەی لەسەر پەنددادانەو لە نیشانەی گەورەیی خودایەو ناردوویەتی بە هیوای ئەوە کە ئادەمیزاد بیر بکەنەوە لە رێگەی خودادا با دڵیان بە یادی ئەو ئاوەدان بێ •

★ (يا بَني آدَمَ لا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطانُ كَما أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُما لِباسَهُما لِيُرِيَهُما سَوْآتِهِما) ★

ئەی ئادەمیزاد ئاگادار بن کە شەیتان دڵتان تێك نەداو لاتان نەدا لە خوداپەرستی و حورمەتڕاگرتنی ئینسانی خاوەن عیلم وەکو لەمەوپێش کە بە فڕو فێڵ باوك و دایکی دەرکردن لە بەهەشت و گەنمی دایە دەرخواردیان بۆ ئەوە کە ئەو ئاساری کەرەمە کە وا لە لایان نەمێنی و عەورەتیان دەرکەوێ هەتا عەورەتیانیان پیشان بدا •

★ (إِنَّهُ يَراكُمْ هوَ وقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لا تَرَوْنَهُمْ) ★

ئەو شەیتانە بەو بیرە بەدئەندیشە خۆی و دەست و پەیوەندی ئێوە ئەبینێ بە جۆرێ کە ئێوە ئەوان نەبینن •

★ (إِنّا جَعَلْنا الشَّياطِينَ أَوْلِياءَ لِلَّذينَ لا يُؤْمِنونَ) ★ (٢٧)

بە راستی ئێمە شەیاتینمان کردوە بە دۆست بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان نیە بە خودای عالەم •

★ (وإِذا فَعَلوا فاحِشَةً) ★

وە ئەوانە کە باوەڕیان بە خودای عالەم نیە لە کاتێکا گوناهێکی ناباری نەهەمواریان کرد وەکو بتپەرستی ، وەکو عەورەت دەرخستن ،

وەکو تاوانێکی شەرمئاوەرو ... یەکێ ڕەخنەی لێ گرتن و وتی : بۆچی وا ئەکەن ؟

★ (قالوا : وَجَدْنا عليْها آباءَنا ، واللهُ امَرَنا بِها) ★ :

لە وەڵاما ئەڵێن : ئێمە باوکو دایکی خۆمانمان لەسەر ئەم شێوە دیوەو خودا فەرمانی پێداوین وەها ڕەفتار بکەین .

★ (قل : إنّ اللهَ لا يَأْمُرُ بِالْفَحْشاءِ ، اتقولونَ عَلى اللهِ ما لا تَعْلَمونَ ؟) ★ (٢٨)

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیان بڵێ : خودای تەعالا ئەمری پێ نەکردوون بە شتی وا ؛ چونکی خودای تەعالا هیچ کاتێ ئەمر ناکا بە کارێ کە ناشیرینو ناڕەوا بێ . ئایا ئێوە ئەوەندە بێ شەرمن کە درۆی وا بە دەم خوداوە هەڵئەبەستن کە لە واقیعدا نیەو لە خەیاڵانی خۆتانەوە دەرئەچێ ؟

★ (قُلْ : امَرَ ربِّي بِالقِسْطِ واقيمُوا وجُوهَكُم عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وادْعوهُ مُخْلِصينَ لهُ الدِّينَ كما بَدَأَكُمْ تَعودُونَ) ★ (٢٩)

تۆ پێیان بڵێ : خودا ئەمر بە خراپە ناکا بەڵکو ئەمر بە چاکە ئەکاو بە کورتی بۆ چەن شتێکی گرنگ ئەمری پێ کردوون ؛ خودای من ئەمری کردوە بە میانەکاری لە حوکمکردن لە بەینی خەڵکا ، میانەکاری لە عیبادەتکردنا ، میانەکاری لە خۆشەویستیو ناخۆشەویستیدا . میانەکاری لە هەموو خوو و ڕەوشتێکا کە مەجالی خواستو ئیختیاری ئینسانی تێدا هەبێ ؛ وە ئەمری کردوە بەوە کە ڕووی خۆتان ڕاست وەرچەرخێنن بەرەو قیبلە ؛ وە ئەمری کردوە بەوە کە لە خودا بپاڕێنەوەو دۆعا بکەنو حاڵتان وابێ کە دینو کردەوەتان ساغ بۆ خودا بێ وە ئەو ڕەفتارەتان لەبەر بەجێهێنانی فەرمانی ئەو بێ . وە ئەوەیش بزانن وەکو چۆن لە ئەووەڵەوە دروستی کردوون وەها دوایی ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو .

★ (فَرِيقاً هَدَى وفَرِيقاً حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ) ★
وە خودا هیدایەتی کۆمەڵێکی داوەو دینی لەلا جوان کردوون ، وە گومڕایشی زاڵکردوە بەسەر کۆمەڵێکدا •

★ (إنَّهُمُ اتَّخَذوا الشَّياطِينَ اوْلِياءَ مِنْ دونِ اللهِ ويَحْسَبونَ انَّهُمْ مُهْتَدونَ) ★ (٣٠)
لەبەر ئەوە گومڕاهی داگیری کردوون چونکی شەیاتینیان گرتوە بە دۆست بۆ خۆیان نەك خودای عالەم وە لەگەڵ ئەوەیشدا گومانیان وایە خاوەن هیدایەتن •

فەرموودەی خودا : (یا بنی آدم خذوا زینتکم ... الآیة)

موسلیم ریوایەتی کردوە لە ئیبن‌و عەباسەوە ـخـ ئەڵێ : وا ئەبو ژن تەوافی ئەکرد بە دەوری کەعبەدا بە رووتی‌و هاواری ئەکرد لە ژنێ کە بەرگێکی پێ بدات عەورەتی داپۆشێ ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو فەرمووی :

★ (يا بَني آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) ★
ئەی بەنی ئادەم بەرگی باشی جوان لەبەر بکەن بۆ داپۆشینی عەورەت لە لای هەموو مزگەوتێکدا چ بۆ تەواف بڕۆن یا بۆ نوێژکردن •

★ (وكُلُوا واشْرَبُوا ولا تُسْرِفُوا إنَّهُ لاَ يُحِبُّ المُسْرِفِينَ) ★ (٣١)
بخۆن‌و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەکەن بە حەرامکردنی حەڵاڵ‌و تەجاوز مەکەن بۆ لای حەرام ؛ چونکی بە راستی خودا خۆشی نایێ لەو کەسانە کە زیادەڕەوون •

★ (قُلْ : مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللهِ الَّتي اَخْرَجَ لِعِبادِهِ والطَّيِّباتِ مِنَ الرِّزْقِ ؟) ★

تۆ بڵێ : کێ حەرامی کردوە لە سەرتان ئەو زینەتو جوانیو زێبایی بەرگو پۆشاکو خواردەمەنی‌یە کە خودا ئیجادی کردوونو لە نەبوون دەری کردوون بۆ بوون لەبەر خاتری بەندەکانیو بۆ ئاسایشی ئەوان ، وانە مادام لە واقیعدا ئەمانە لەپاکەکانن سوودلێ‌وەرگرتنیان بە یاسای دین رەوایە لە دنیادا •

★ (قُلْ : هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الحَيوةِ الدُّنْيا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيامَةِ) ★

تۆ بڵێ : ئەمانە هەموو بۆ ئەوانەن کە لە دنیادا بە ئیمانەوە رایانبواردوە لە رۆژی قیامەتا هەر مەخصووصی ئەوانە بە تایبەتی •

★ (كَذلِكَ نُفَصِّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمونَ) ★ (٣٢)

ئاوا ئایاتی خۆمان تەفصیل ئەدەین بۆ خاتری تێگەیشتنی ئەو قەومە کە زاناز بە ئومووری وردەکاری •

فەرموودەی خودا : (قل : انما حرم ربی ••)

بوخاریو موسلیمو ترمذی ریوایەتیان کردوە لە عەبدوڵلاوە ـخـ لە حەزرەتەوە ـدـ فەرموویەتی : کەس لە خودا بە غیرەتتر نیە بۆیە هەرچی کارێ فاحیشەو شەرمئاوەرە حەرامی کردوە ئەوەی بە دەرەوە بێ وە ئەوەی بە پەنامەکی بێ . وە کەس نیە بە قەی خودا مەدحو سەنای پێ خۆش بێ بۆیە خودا لەگەلێ ئایاتی قورئاندا مەدحی خۆی کردوە • جا خودا ئەفەرموێت :

★ (قُلْ : إنَّما حَرَّمَ رَبِّيَ الفَواحِشَ ما ظَهَرَ مِنْها ومَا بَطَنَ والإِثْمَ والبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ) ★

تۆ ئەی رەهبەر بڵێ : خودای تەعالا هەرکاری فاحیشەی حەرام کردوە واتە دەستبردن بۆ ناموسی خەڵکی ئەوەی بە دەرەوە بێ وەکو ئەو تاوانانە

کە لە ڕەسمیاتا مەجالیان داوە بە خەڵك ، وە ئەوەی پەنامەکی بێ وەکو ئەو ئارەزووبازیە کـە ئینسانی خاوەن دەسەڵات لـە خانەدانی خـۆیدا بۆی هەڵئەسووڕێ ، وە خواردنی موسکیراتی حەرام کردوە کە ئەبێ بە هۆی تاوانباریو جینایەت لەسەر نەفسو ماڵو عەقڵی خۆیو خەڵك . وە خودا دەستدرێژی حەرام کردوە بۆ سەر خەڵکی بێتاوان بە بێ ئەوە کە ببێ بە تۆڵەی تاوانێ لەو جینسە ... ئەمانە هەموو لە بابەتی کردەوەن . وە لـە بابەتی بیروباوەڕیشەوە ئەوەی حەرام کردوە کە وا لە فەرموودەی خۆیا .

★ (وَاَنْ تُشْرِكُوا بِاللهِ ما لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَاَنْ تَقُولُوا عَلَى اللهِ ما لا تَعْلَمُونَ) ★ (٣٣)

ئەمە کە شەریكو هاوڕێ بۆ خودا قەرار بدەن بە نەوعێ کە خودا هیچ دەلیلو هیچ بورهانێکی لەسـەر نەناردبێتە خوارەوەو درۆ بـە دەم خوداوە بکەن کە بە ئارەزوو بڵێن خودای تەعالا ئەو خواردەمەنیەی لەسەر ئێمە حەرام کردوە بە بێ ئەوە کە عیلمتان پێی بێو بەڵگەیەکی شەرعیتان بە دەستەوە بێ لە سەری .

★ (وَلِكُلِّ اُمَّةٍ اَجَلٌ فَاِذا جاءَ اَجَلُهُمْ لا يَسْتَأْخِرُونَ ساعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ) ★ (٣٤)

بزانن ! لەفزی (اجل) هاتوە بە مەعنای ماوەی بوونی شت ، وە بە مەعنـا دواکاتی بوونەکەیو .. بـە هـەر مەعنایێ تەماشا بکەی مەعنـای ئایەتەکە وەهایە : ماوەی بوون بۆ هەر کەسێو بۆ هەر کۆمەڵێ بڕاوەتەوە کەمکردنو زیادکردنی ، وە مەعنای ئایەتەکە بەم مەعنایە موفیدە بۆ ئەوە (اجل) یەکێکەو قسەی موخالیف بایەخی نیە ؛ چونکی لەسـەر یاسـای باوەڕکردن بە خودا دیارە کە خودا خەبەردارەو عیلمی رابوردوە بە ماوەی بوونی هەر بوویێو کەمو زیاد لەوەدا نیە . وە لەسەر یاسای تەماشای دژی مان وەکو عەواریزی ژیان ئەویش هەر کامیان بوو بە هۆی تەواوبوونی ماوەی بوون هەر ئەوەیە ، وە تەماشاکردنی ئەوە ئەگەر ئەو ئینسانە جوانە

مار پێیەوە نەدایە پەنجا ساڵی تر ئەما ئەمە مەحزی تەماشای خەیاڵاتەو لە واقیعدا سوودی نیە •

ئەمجار ئەگەر کەسێ بڵێ : ئەی چی ئەکەی لەو حەدیسانەی کە ئەوە ئەگەیەنن سیلەی رەحم یا خێرو چاکە تەمەن درێژ ئەکەن ؟ جوابی ئەوەیە لە عیلمی خودادا رابوردوە ئەو کەسە ئەو خێرە ئەکا یا ئەو سیلەی رەحمە بەجێ دێنێ و لەسەر ئەو بناغەیە تەمەنی بە زیاد نووسیوە ، وە مانای وا نیە تەمەنەکە لە عیلمی خودادا هەشتا بوو بەڵام بە هۆی ئەو خێرەوە بوو بە سەد •

وە ئەم مەوزووعە وەکو تەئسیری دەرمانخواردنو دەرزی‌لێدانو عەمەلیات‌کردنی نەخۆشە بۆ تیمارو چارەی ئازارو هەموویان بە سوودنو ئەبن بە هۆی مانەوەی یارۆی گیرۆدە ، بەڵام ئەمانەیش لە عیلمی خودادا رابوردوە کابرا بە هۆی ئەو دەرمانانەوە نەمردو نامرێو تەمەنی ئەگاتە ئەو پایە •

ئەمجار بزانن رەخنە گیراوە : ئەوا داوای دواکەوتنی ئەجەل مەعقوولە بەڵام پێشکەوتنی مەعقوول نیە ! وەڵامەکەی بە سێ شتە :

یەکەم : (ولا یستقدمون) عەطف نیە لەسەر (لا یستأخرون) هەتا شەرتەکەی بەسەرا بێتەوە بەڵکو عەطفە لەسەر تەواوی جوملە شەرتیەکە •

دووەم : مەعنای ئەوەیە کە لە کاتی تەواوبوونی (ئەجەل)دا هەر وەکو داوای پێشخستنی ئەجەل مەعقوول نیە چونکە کاتی شتێ هات ناگەڕێنەوە بۆ پێشەوە •• وەها داوای دواکەوتنیشی بێ کەڵکەو لەبەر بێ‌کەڵکی کابرای ئەجەل‌هاتوو داوای ناکا •

سێهەم : ئەم دوو جوملە فیعلیە وان لە مانای یەك جوملەدا کە بریتیە لە (لا مجال للتغییر) وەکو چۆن (هذا الرمان حلو حامض) وا لە شوێنی (هذا مز)دا •

ئەمجار خودای تەعالا دەستی کردوە بە ئامۆژگاری گشتیو ئەفەرموێت :

★ (يا بَني آدَمَ إمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آياتِي) ★

ئەی ئادەمیزاد هەر کاتێ رەهبەران لە لایەنی ئێمەوە هاتن بۆ لاتانو ئایاتی ئێمەیان بۆ گێڕانەوە •

★ (فَمَنِ اتَّقى واَصْلَحَ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ولاَ هُمْ يَحْزَنونَ) ★ (٣٥)

هەر کەسێ لە ئێوە کە لە خودا ترساو کاری خۆی بە چاکیو پاکی برد بە رێوەو بەینی خۆیو خودای چاك کرد بە بیرو باوەڕی راستو کردەوەی دروستو میانەی خۆیو خەڵکی چاك کرد بەوە کە لەسەر رێگەی حەق رابورد ئەوە ئەوانە ترسو بیمیان نابێ لە پاشەرۆژو دڵزویریش نابن لەسەر ئەوەی رابوردوە •

★ (والَّذينَ كَذَّبُوا بِآياتِنا واسْتَكْبَروا عَنْها اولئِكَ اَصْحابُ النَّارِ هُمْ فِيها خالِدونُ) ★ (٣٦)

وە ئەو کەسانەیش باوەڕ ناکەن بە ئایاتی ئێمەو بە درۆیان ئەزانن و فیزو دەمار ئەکەن بەرابەریان ئەوانەیش وان لە ناو ئاگری دۆزەخداو ئەوانە لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە •

★ (فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرى على اللهِ كَذِباً اَوْ كَذَّبَ بِآياتِهِ ؟) ★

ئەوە کێیە زاڵمترو ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێ یا ئایاتی ئەو بە درۆ ئەخاتەوە ؟

★ (اولئِكَ يَنالُهُمْ نَصيبُهُمْ مِنَ الكِتابِ) ★

ئەمانەیش هەرچەن کافرن بەڵام بەشی خۆیان پێ ئەگا لە رزقو رۆزی بە پێی ئەوە لە (لوح المحفوظ)دا بۆیان نووسراوە •

★ (حَتَّى إذا جاءَتْهُمْ رُسُلُنا يَتَوَفَّوْنَهُمْ ، قالوا : اَيْنَ ما كُنْتُمْ تَدْعونَ مِنْ دونِ اللهِ ؟ قالُوا : ضَلُّوا عَنَّا) ★

هەتا کاتێ کە مەلائیکە مەئسوورەکانمان دێنە سەریان بۆ گیانکێشانیانو رۆحیان وەرئەگرن پێیان ئەڵێن : ئەوە ئەو مەعبوودانەتان لە کوێن کە ئێوە بێجگە لە خودا بانگتان ئەکردن ؟ ئەوانیش ئەڵێن : لە دەستمان دەرچوونو لێمان ون بوون •

★ (وشَهِدوا على اَنْفُسِهِمْ اَنَّهُمْ كانُوا كافِرِينَ) ★ (٣٧)

وە شایەتی ئەدەن لەسەر نەفسی خۆیان کە وەختی خۆی کافر بوونو حەقیان نەپەرستوە •

★ (قالَ : ادْخُلوا فِي اُمَمٍ قَدْخَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنَ الجِنِّ والاِنْسِ فِي النَّارِ) ★

جا خودای تەعالا پێیان ئەفەرموێت : بڕۆن بۆ ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە لە پێش ئێوەدا رابوردوون لە پەریو لە ئادەمیزاد کە وان لە ئاگری دۆزەخدا •

★ (كُلَّما دخلَتْ اُمَّةٌ لَعَنَتْ اُخْتَها) ★

هەر کاتێ بە دەوام بڕواتە ناو ئەو ئاگرەوە کۆمەڵەیێ نەفرین ئەکا لە وێنەکەی خۆیو لەو قەومە پێشووانە کە بوون بە هۆی گومڕا بوونی ئەوان •

★ (حتَّى إذا ادَّارَكُوا فِيها جَمِيعاً قالَتْ اُخْرِيهُمْ لِاولِيهُمْ : رَبَّنا هؤلاءِ اَضَلُّونا فَآتِهِمْ عذاباً ضِعْفاً مِنَ النَّارِ) ★

هەتا ئەو کاتەی کە ئەو ئەهلی دۆزەخە ئەڕۆن بە گژی یەکتردا لەو کاتەدا نەفسی دوایی بە تاقسی پێشو ئەڵێن : خودایە ئەو تاقمە بوون کە ئێمەیان گومڕا کرد دەی خودایە دوو قاتی ئێمە سزایان بدەرێ لە دۆزەخا ، بەشێکی لەسەر گوناهەکەی خۆیانو بەشێکی لەسەر ئەوە کە بوون بە هۆی گومڕابوونی ئێمەیش •

★ (قال : لِکُلٍّ ضِعْفٌ ولکِنْ لا تَعْلَمونَ) ★ (٣٨)

خودایش ئەڵێ : نە وە نەبێ بۆ پێشوەکان دوو قاتو بۆ دواییەکان قاتێ بێ ، بەڵکو بۆ هەردو لا یەکی دوو قات سزا بڕیار دراوە ؛ پێشوەکان لەبەر کوفرەکەیانو لەبەر ئەوە کە چینی دواییان گومڕا کردوە وە بۆ دواییەکاذ لەبەر کوفرەکەیانو لەبەر ئەوە کە بیریان نەکردەوە لە حاڵی خۆیانو لەبەر چی ئەبێ لەسەر ئەو تەقلیدو چاولێکردنە رووتە بڕۆن ، بەڵام ئێوە ئیستە نازانن بەوە کە سزای هەردوو لا دوو قاتە هەتا تووشی ئەبن •

★ (وقالَتْ اولیهُمْ لِاُخْریهُمْ : فَما کانَ لَکُمْ عَلَیْنا مِنْ فَضْلٍ فذُوقوا الْعذابَ بِما کُنْتُمْ تَکْسِبونَ) ★ (٣٩)

جا لە پاش وەرگرتنی کەلامی خودا تاقمی پێشوو بە تاقمی دوایی ئەڵێن : وا دەرکەوت کە ئێوە هیچ نەوعە بەشێو ئاسانکاریەکتان دەس نەکەوت بەسەر ئێمەداو هەردوو لامان لە سزادا هاوپایەین ، دەی جا سزا بچەژن بە هۆی ئەو کردەوەو رەفتارەوە کە کردتان •

★ (إنَّ الّذینَ کَذَّبُوا بِآیاتِنا واسْتَکْبَروا عَنْها لا تُفَتَّحُ لَهُمْ اَبْوابُ السَّماءِ ولا یَدْخُلونَ الْجَنَّةَ حتَّی یَلِجَ الجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِیاطِ) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە تەکزیبی ئایاتی منیان کردو فیزیان کردو خۆیان بردە پایەیێ کە دان نەنێن بە ئایاتی خودادا ئەوە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوەو ناڕۆنە ناو بەهەشتەوە هەتا گوریسی ئەستوور ئەڕوا بە کونی دەرزیدا •

★ (وکذلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمینَ) ★ (٤٠)

خاوەن تاوانی کوفر وەها جەزا ئەدەینەوە •

★ (لَهُمْ مِنْ جَهَنَّمَ مِهادٌ ومِنْ فَوْقِهِمْ غَواشٍ وکذلِكَ نَجْزِي الظّالِمینَ) ★ (٤١)

وتە ئەوانە کە خرانە ناو دۆزەخەوە رایەخێکی ئاگریان لـە نەفسی دۆزەخ هەیەو لە سەریشیانەوە پەردەیێ لە دۆزەخ هەیەو وەك ئەوە وایە کە ئینسانێت بخریتە ناو تەنوورێکی قەپاتەوە کە هەموو لایەکی وەکـو ئاگری سوور وایەو بەم شێوە جەزای ستەمکارانی کوفر ئەدەینەوە •

★ (وَالَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ لا نُكَلِّفُ نَفْساً إلاَّ وُسْعَها اوْلَئِكَ اَصْحابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيها خالِدونَ) ★ (٤٢)

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو پێغەمەرو قەبوولی دینی ئیسلامیان کردووەو بـە کردەوەی شـەرعی تـەطبیقی واجبـاتو تـەرکی موحەرەماتیان کردوە بە قەی حاڵ ؛ چونکی ئێمـە تەکلیف ناکەین لـە هیچ نەفسێ بە قەی تەواناى خۆی نەبێ ، ئەوانە ئەهلی بەهەشتنو ئەوان لە بەهەشتان هەتا هەتایە •

فەرموودەی خودا : (ونزعنا ما في صدورهم .. الآية)

ئـەبو هوردیرە ریوایەتی کردوە لە پێغەمەرەوە ـدـ فەرموویەتی : لە رۆژی قیامەت جارکێش جار ئەدا لە ناو ئەهلی سەعادەتا : بە راستی بۆ ئێوەیە ئەمە کە لەشتان ساغ بێو نەخۆش نەکەون هەرگیز ، وە بۆ ئێوەیە ئەمە کە زیندووبنو هەرگیز نەمرن ، وە بۆ ئێوەیە ئـەمە کـە جوان بنو هەرگیز پیر نەبن . وە بۆ ئێوەیە ئەمە کە هەمیشە لە خۆشیو رابواردنا بنو هەرگیز تووشی نخۆشیو دڵئازاری نەبن • جا ئەفەرموێت :

★ (ونَزَعْنَا ما فِي صُدورِهِمْ مِنْ غِلٍّ) ★

وە لا ئەبەین لە بەهەشتا ئەوەی وا لە سینەی ئەوانا لە گرێو گەردو دڵیان پاك ئەبێتەوە لەوەی تیادا بوە •

★ (تَجْري مِنْ تَحْتِهِمُ الاَنْهارُ) ★

جۆبارە گەورەکان لە ژێر ئەوانەوە ، یانی لە ژێر کورسیەکانیانەوە ، رەوان ئەبێ •

★ (وقالُوا : الحَمدُ لِلهِ الَّذي هدينا لِهذا وما كُنّا لِنَهتَدِيَ لَولا اَنْ هدينا اللهُ) ★ :

وە لە مەقامی سوپاس‌گوزاری خودادا ئەڵێن : هەرچی سەناو ستایشە بۆ ئەو خودایە کە ئێمەی شارەزا کرد بۆ رێگەی دینی ئیسلام‌و ئێمە خۆمان لەوانە نەبووین کە شارەزا بین بۆ ئـەم رێگـە ئەگـەر خـودا شارەزای نەکردینایە •

★ (لقَدْ جاءَتْ رُسُلُ رَبِّنا بِالحَقِّ) ★

بە راستی پێغەمەرەکانی خودای ئێمە بـە راستی هاتن‌و بـە حەق‌و حەقیقەت یاسای خوداپەرستییان گەیاند •

★ (ونُودُوا : اَنْ تِلْكُمُ الجَنَّةُ اُورِثْتُمُوها بِما كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) ★ (٤٣)

وە بانگ ئەکرێن لە لایەنی فریشتەکانەوە ئەو بەهەشتە ئەو بەهەشتەیە کە پێتان دراوەو کراوە بە ماڵی غەیرە ئیختیاریتان وەکو میراتی باوکتان بە هۆی ئەو کردەوە باشانەوە کە ئەتان کردن •

★ (ونادى اَصْحابُ الجَنَّةِ اَصْحابَ النّارِ : اَنْ قَدْ وَجَدْنا ما وَعَدَنا ربُّنا حَقّاً فَهَلْ وجَدْتُمْ ما وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقّاً ؟ قالوا : نَعَمْ) ★

وە لەو کاتەداو لـەو مەقامی بەهەشتەدا لەگەڵ ئەوەدا کە مەسافەی بەینی بەهەشت‌و دۆزەخ زۆرە بە ئەندازەیێ مەگەر عیلمی خودا پیایا بگات بەڵام خودای تەعالا ئەهلی دۆزەخ لە بەرچاوی ئەهلی بەهەشتا دەرئەخا بۆ ئەوە کە زۆر زۆر سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتی بەراتی بەهەشتە وە ئەهلی بەهەشتیش لـە بەرچاوی ئـەهلی دۆزەخ دەرئەخا لەبـەر زیادە حەسرەت ، وە ئەهلی بەهەشت بازێکیان بانگ ئەکەن لە ئەهلی دۆزەخ‌و پێیان

ئەڵێن : ئێمە بە بێ گومان دەسمان کەوت ئەو خێراتەو ئەو بەهەشتە کە خودای ئێمە وادەی پێدابووین ، ئایا ئێوەیش دەستان کەوتوە ئەوەی کە خودا وادەی پێداون لە ئازارو سزا ؟ بە راستی ئەوانیش وتیان : بەڵێ دەسمان کەوت .

★ (فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَنْ لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الظَّالِمِينَ) ★ (٤٤)

جا پاش دامەزرانی ئەهلی بەهەشتو دۆزەخ هەرکام لە شوێنی خۆیاو تەواوبوونی ئەو پرسیارو وەڵامە لە بەینیانا بانگدەرێ بانگ ئەکا : نەعنەتی خوداو نەفرینیو دوورخستنەوەی لە سەر ستەمکاران بێ بە هۆی کوفرو دوورخستنەوەی خۆیانو هاورێیان لە دین .

★ (الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً وَهُمْ بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ) ★ (٤٥)

ئەو ستەمکارانە خوو رەوشتیان وایە مەنعی خەڵکی ئەکەن لە رۆیشتن بە رێگەی راستی خودادا کە ئایینی ئیسلامەو بە لارو نابارو ناهەمواری دائەنێن ، وە یا بە لار نیشانی ئەو خەڵکە نەزانەی ئەدەن ، وە لە بەر ئەوەیش وا ئەکەن کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژو حسێبی رۆژی قیامەت نیە .

★ (وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ) ★

وە لە بەینی ئەهلی بەهەشتو ئەهلی دۆزەخا ، وە یا خود لە بەینی نەفسی بەهەشتو دۆزەخدا پەردەیێ هەیە ، یانی مادەیێ هەیە کە نایەڵێ ئەهلی ئەو دوو شوێنە تێکەڵ بن بە یەك . یا سنووری ئەو دوو شوێنە جیا ئەکاتەوە لە یەك . وە زاهیر وایە کە ئەو پەردە ئەو شوورابێ کە هەڵئەدرێ لە بەینی ئەو دوو جێگەدا وەك خودا ئەفەرموێت : (وضرب بینهما بسور له باب) .

★ (وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ) ★

وە لەسەر بەرزیو پۆپەی ئەو شوورای بەینی دۆزەخو بەهەشتەدا

چەن پیاوێ هەیە کە هەموو ئەهلی بەهەشتو دۆزەخ ئەناسن بە دیمەنو نیشانەکانیاندا •

★ (ونادَوْا اَصحابَ الجَنَّةِ : اَنْ سَلامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدخُلوها وَهُمْ يَطْمَعونَ) ★ (٤٦)

ئەو پیاوانە کە وان لەسەر بەرزیەکان بانگ ئەکەن لە ئەهلی بەهەشت ئەڵێن : درووودتان لێ‌بێ‌و ، ڕێزیان لێ ئەگرن‌و لەو کاتەدا ئەوان نەچوونەتە بەهەشت بەڵام بە تەمان کە بڕۆنە ناوی •

★ (وإذا صُرِفَتْ اَبْصارُهُمْ تِلْقاءَ اَصْحابِ النَّارِ قالُوا : ربَّنا لاَ تَجعَلْنَا معَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) ★ (٤٧)

وە کاتێ کە ئەهلی ئەعراف چاویان وەرئەگێڕێ بەرەو ئەهلی دۆزەخ بە جۆرێ ئەو بە سۆزی سینە ئەپاڕێنەوە لە خوداو ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە مەمانکە بە هاوڕێی ئەو کۆمەڵە ستەمکارە بیروباوەڕ ناپارە بەدبەختەو بمانخە بەهەشتەوە •

★ (ونادى اَصْحابُ الاَعْرافِ رِجالاً يَعْرِفونَهُمْ بِسِيماهُمْ : قالُوا : ما اَغْنَى عَنْكُمْ جَمْعُكُمْ وما كُنْتُمْ تَسْتَكْبِرونَ) ★ (٤٨)

وە بانگ ئەکەن ئەهلی ئەعراف لە چەن پیاوێ کە ئەیان‌ناسن بە شێوەو نیشانەیاندا : ئەڵێن : بە داخەوە هەرچەن کە ئێوە ئەنازین بە کۆمەڵەو غەرەباڵغەکەتاناو خۆتان بە گەورە تەماشا ئەکرد کەچی قازانجی نەدا بە ئێوەو بە کاری ئێوە نەهات کۆمەڵەکەتانو خۆ بە زل تەماشاکردنەکەتان •

★ (اَهؤُلاء الَّذينَ اَقْسَمْتُمْ لا يَنالُهُمُ اللهُ بِرَحْمَةٍ ؟ اُدخُلوا الجَنَّةَ لا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ ولا اَنْتُمْ تَحْزَنُونَ) ★ (٤٩)

ئایا ئەم جەماعەتە موسوڵمانە هەژارانە بوون کە ئێوە لە دنیادا

سوێندتان ئەخوارد ئەتانوت : خودای تەعالا بەشی ئەمانە نادا لە رەحمەت ؟ کە وا ئێستە خودا بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون ، جا لا ئەکەنەوە بە لای ئەو موسوڵمانانەدا کە بەگومانی کافرەکان وابو ناڕۆنە بەهەشت‌و پێیان ئەڵێن : فەرموون بڕۆنە ناو ئەو بەهەشتە کە بۆتان ئامادە کراوەو هیچ ترس‌و بیمتان لەسەر نیەو دڵگرانیش نابن لە هۆی هیچ شتێکەوە .

★ (ونادى اَصْحابُ النّارِ اصْحابَ الجَنَّةِ : اَنْ اَفيضُوا عَلَيْنا مِنَ الماءِ اَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللهُ ، قالُوا : إنَّ اللهَ حَرَّمَهُما عَلَى الكافِرِينَ) ★ (٥٠)

جا خودای تەعالا بۆ ئەوە کە بە چاوی سەر ئەهلی دۆزەخ ئەهلی بەهەشت ببینن‌و ئازارو بێزاری خۆیان‌و کامەرانی ئەهلی بەهەشت ببینن خودا پەردە لە بەینی بەشێ لە ئەهلی دۆزەخ‌و بەشێ لە ئەهلی بەهەشتدا لائەباو لە حاڵی تینوێتی خۆیانا چاویان ئەکەوێ بە ئاوی ساف‌و زەلاڵ‌و شەرابی پاکی حەلاڵ‌و باقی نازو نیعمەت جا لەبەر ئەوە (ناچار چاوی نیە لە عار) ئەو ئەهلی دۆزەخە سووتاوە داوا ئەکەن لە بەهەشتیەکان : کە بازێ لەو زەلاڵە بڕێژن بەسەرمانا یا بیڕێژنە پیاڵە بۆمان یا لەو نیعمەتانە کە وا لە لاتان بەشمان بدەن ؛ ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن : ئەم داوای ئێوە لە دەسنی ئێمەدا نیەو خودا ئەمانەی لە کافران حەرام‌کردوە .

★ (الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَهْواً ولَعِباً وغَرَّتْهُمُ الحَيوةُ الدُّنْيا) ★

ئەو کافرانە کە دینی خۆیان کردوە بە هەوابازی‌و گاڵتەکەری‌و بە ئارەزووی خۆیان یاسا دائەمەزرێنن‌و ناوی ئەنێن بە یاسای دینی وەکو بتپەرستن‌و تۆران لە بازە بتێ‌و حەرامکردنی گۆشتی بازێ حەیوان‌و تەوافی بەیت لەسەر مەیلی خۆیان بە رووتی ؛ وە ئەو کافرانە کە ژیانی دنیایی ئەوانی بایی کردوە بە هۆی پەیدابوونی ماڵ‌و منداڵ‌و ئاژاڵ‌و کۆمەڵەی خزم‌و خوێش‌و دارایی بەسەر بازە کارێکدا وە وا ئەزانن ئەوانە

بە دەوام بۆیان ئەمێننەوە ، لەگەڵ ئەوەدا کاتێ کە نەهاتیان بۆ هات وەها سەرگەردانو مات ئەبن مەیدانی ئەوەیان نامێنێ بەسەر خۆیانا بگرین ؛ چونکی گریانیش دڵێکی خاڵی ئەوێ •

★ (فالْيَوْمَ نَنْسَاهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هذا) ★

جا ئێمەیش ئیمڕۆ کە قیامەتەو ڕۆژی تۆڵەی کردەوەیە ئەوان فەرامۆش ئەکەینو هەزار هاوار بکەن لا ناکەینەوە بە لایانا وەکو ئەوان لە دنیادا ئەم حاڵەو گەیشتن بەم ڕۆژەو بەم حسێبەو بەم موحاسەبەیان لەبیر چووبووەوە •

★ (وما كانُوا بِآيَاتِنا يَجْحَدونَ) ★ (٥١)

وە وەکو حسێبی ئێمەیان بیرچووەوەو ئینکاری ئایاتی ئێمەیان کرد (ئاوا لەبیریان ئەبەینەوە) •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : بە شێوەیێ کە بێ بە بەڵگەی تەواو بۆ ئێمە دەرنەکەوتوە ئەم بانگکردنی ئەهلی بەهەشت لە ئەهلی دۆزەخو بانگکردنی ئەهلی دۆزەخ لە ئەهلی بەهەشتە بە چ شێوەیێ بوە ، بەس ئەم باسانە جێگای گومانو خەیاڵات نیە ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە عالەمی قیامەت وەکو عالەمی دنیا نیەو بینینو بانگکردنی قیامەت وەکو دنیا نیە ، زۆر نزیکە کە خودای تەعالا بۆ دەربڕینی هێزی خۆیو بۆ زیادە نیعمەت لەسەر ئەهلی بەهەشتو بۆ زیادە حەسرەت لەسەر ئەهلی دۆزەخ .. هەتا ماوەیێ عالەمی بەهەشت دەربخا بۆ ئەهلی دۆزەخ . وە یا دۆزەخ دەر بخا بۆ ئەهلی بەهەشت • ئیستە لەم دنیادا ئەم پەڕەوپەڕی کورەی زەوی بوە بە مەیدانی شتی عەجایبو خەڵکی مەغریب قسە لەگەڵ خەڵکی مەشریقدا ئەکا وەکو لەگەڵ هاوڕێی مەجلیسدا تەنانەت وا ئەبێ کە قسەکەی لەگەڵدا ئەکا چاویشی لێی ئەبێو ئەویش چاوی لەم ئەبێ تا قسەکەیان تەواو ئەکەن •

دووەم : ئەعراف عیبارەتە لەسەر ملەو بەرزی ئەو حیجابە کە لە بەینی ئەهلی بەهەشتو ئەهلی دۆزەخ وە یا لە بەینی بەهەشتو دۆزەخدایە • وە لەو پیاوانە کـە بەسەر ئەو بەرزیەوەن دە قسە هەیەو گەلێ لـە زاناکان تەرجیحی ئەو قەولەیان داوە کە ئەوانە کەسانێکن میزانی چاکەو خراپەیان وەکو یەك وایەو هیچیان لەسەر ئەویان زیاد نیە ، وە ئەمانە گەلێ کەس لە هاوچەرخی خۆیان ئەناسن لە موسوڵمانانو کافرانو تا ماوەیێ لەو سەر بەرزیە ئەبن پاش ئەوە خودا ئەمر ئەکا ئەیانبەن بۆ بەهەشت •

وە هەڵئـەگرێ ئـەم ئـەهلی ئەعرافە چـەن کەسانێ بن لـە هەموو ئومسەتەکانی پێغەمەران ــدــ یا هەر لە ئومسەتی پێغەمەری ئاخرزەمان بن • وە هەموو ئەم وەزعانە گونجاون • وە ئەوەی کە مەشهوورە (ئەعراف) جێگەی منالی کافرانە یا جێگەی ئەهلی (فەترە)تە یانی ئەوانە کە بەعسەتیان پێ نەگەشتوە •• راست نیـە ، چونکی بـە ئوصوولی ئەهلی سوننەتو جەماعەت نە جێگەیێ هەیە لـە قیامەتا لە بەهەشتو دۆزەخ بەدەرو نـە ئینسانێ هەیە نە کافرو نە موسوڵمان ، بەڵکو ئەوانە کە موکەللەف نەبوون وەکو منداڵانی ئەهلی کوفر یا منداڵی موسوڵمانان ئەوە هەموو بەهەشتین . وە ئەوانەیش نـە ماوەی فەترەتدا بوون هـەر موکەللەف نینو جێگەیان بەهەشتە ، بەڵام ئەو پایە بەرزانە کە بۆ موسوڵمانی خاوەن کردەوەو بیرو باوەڕی باشە بۆ ئەوان نیە • وە هەرچی موکەللەفەکانیشە یا وان لە دۆزەخا بە ئەبەدی وەکو کافران . یا بە قەی ماوەی سزا وەکو موسوڵمانی کردەوە خراپ • وە یا وان لە بەهەشتا وەکو موسوڵمانی بێتاوان لە پێغەمەرانو شەهیدانو پیاوچاکان •

سێهەم : داواکردنی ئەهلی دۆزەخ لە ئەهلی بەهەشت بۆ ئاو یا باقی خواردەمەنی وەکو وتمان ئیستە لەسەر ئەو یاسایە کە عالەمی قیامەت لـە هەستو نـوعووراو وەکو ئەهلی دنیا نین ، چونکی ئەهلی بەهەشت ئەمێننەوە هەتا هەتایەو ناساغیو سیفاتی خراپەیان نیەو میوەی بەهەشت بڕانەوەی

نیـەو هەمیشە بەردەوامە ، وە هـەمو ئەهلی دۆزەخیش هـەر دەوامدارنو لەوانەیە هەستانو دانیشتنیانو ئەحوالی تریشیان لەسـەر یاسای تایبەتی بێ کە لەگەڵ زاهیری ئەم ئایەتەدا بگونجێ •

★ (وَلَقَدْ جِئْنَاهُمْ بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) ★ (٥٢)

به راستی هاتین بۆ لای ئەم هۆشیارانە بە کتێبێکی پیرۆزی وەهاوە کە درێژەمان پێدا لەسەر عیلمو زانایی لە هەموو هۆیەکەوە بۆ بیرو باوەڕو کردەوەو خووو رەوشت وە حاڵی ئـەو کتێبە وایە کـە هۆی شارەزاییو ئاگاداریبە بۆ دینو دونیاو هۆی میهرەبانی خودایە بۆ قەومێ کە ئیمانو باوەڕیان هەیە بە دینی حەق •

★ (هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُ ؟) ★ :

جا ئەم قەومە کە ئەم کتێبەیان بۆ هاتوەو بەم شێوە تەمەڵی ئەکەن لە رەفتارپێکردنیا ئایا هەر چاوەڕێی ئەنجامەکەی ئەکەن کـە سزای رۆژی قیامەتە ؟

★ (يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِنْ قَبْلُ : قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ) ★

جا لەو رۆژەدا ئەنجامی کتێبی خودا دێتە پێشەوە ئەو کافرانە کە ئەو کتێبەیان فەرامۆش کرد لەمەوپێش لە دنیادا ئەڵێن : بە راستی پێغەمەرانی خودای ئێمە بە حەق هاتنو بە دڵسۆزی ئامۆژگاریان کردین بەڵام ئێمە بێ شوعوور بووینو موبالاتمان بە فەرمانی خودا نەکرد •

★ (فَهَلْ لَنَا مِنْ شُفَعَاءَ فَيَشْفَعُوا لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ ؟) ★

ئایا تکاکارانمان دەست ئەکەوێ هەتا تکامان بۆ بکەن ، یاخـود ئەگەڕێنرێینەوە بۆ دنیاو ژیانی پێشوو هەتا بە شێوەیەکی شەرعی لەسەر رەزای خودا کارمان بکردایە غەیری ئەو کردەوانە کە لە دنیادا کردمان •

★ (قَدْ خَسِرُوا اَنْفُسَهُمْ وضَلَّ عَنْهُمْ ما كانُوا يَفْتَرونَ) ★ (٥٣)

ئەمانە لەو رۆژەدا بیر ئەکەنەوە بە راستی نەفسی خۆیان زایەکردوەو خۆیان لە دەس داوەو زایەو بێسوود دەرچوە هەرچی بو لەو شتانە کە ئەوان بە ناحەق بە دەمی خوداوە هەڵیان ئەبەست •

★ (إنَّ رَبَّكُمُ اللهُ الَّذي خَلَقَ السَّمواتِ والاَرْضَ في سِتَّةِ اَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوى على الْعَرْشِ) ★

بە راستی پەروەردگاری ئێوە هەمووتان ئەو زاتەیە کە ناوی (الله)یەو خودایەکی وایە کە هەموو ئاسمانەکانو عەرزی دروستکردوە لە شەش رۆژا لە پاش ئەوە فەرمانداری کرد بەسەر عەرشا •

★ (يُغْشِي اللَّيلَ النَّهارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً) ★

وە شەو ئەکا بە پەردە بۆ رۆژ بۆ ئەوە شەو دابێو ئادەمیزاد ئاسایش بگرنو هەمیشە شەو داوای داگرتنی رۆژ ئەکا بە پەلەو بە تالووکە •

★ (والشَّمْسَ والقَمَرَ والنُّجُومَ مُسَخَّراتٍ بِاَمْرِهِ) ★

وە خەلقی رۆژو مانگو ئەستێرەی کردوە کە حالی ئەمانە وایە هەموو رامکراون بۆ کارو هەر یەکێ بۆ نەوعە وەزیفەیێ کە ببێ بە هۆی ژیانی گیانلەبەرانو پێگەیشتنی کانو روانی گیاو پشکوتنی گوڵو دەسکەوتنی بەرامەد •

★ (اَلا لَهُ الْخَلْقُ والاَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعالَمِينَ) (٥٤) ★

بێداربن کە هەر بۆ خودایە ئیجادو دروستکردنی ئەوەی کە خواستی هەبێ لە نەبوونەوە هەر بۆ ئەوە ئەمرو فەرمانو تەسەروفکردن لەجیهانا زۆر زۆر گەورەیە پەروەردگاری هەموو عالەمەکانو پاکە لە هەموو شتێ کە بۆ زاتی ئەو نەشێ •

★ (اُدْعـوا رَبَّكُـمْ تَضَـرُّعاً وخُفْيَـةً إنَّـهُ لا يُحِبُّ المُعْتَدِينَ) ★ (٥٥)

بانگ بکـەن لـە خـودای خۆتانو بـە سـەرکزیو پەنامـەکی لێی بپاڕێنەوە ؛ چونکی خودا حـەز ناکا بەوانە کـە تەجاوز ئەکەن لـە کاتی دۆعاکردندا لە یاسای عادەتو دەنگ بەرز ئەکەنەوە زیاد لە ئەندازە •

★ (ولا تُفْسِدُوا فِي الأرْضِ بَعْـدَ إصْلاحِها وادْعُـوهُ خَوْفاً وطَمَعاً) ★

خراپەو بەدکاری مەکەن لە زەویدا ، پاش ئەوەی کە زەوی چاكو پاك کرابەوە ، وە بانگ بکەن لە خوداو پەنای پێ بیەنو حانتان وەها بێ خاوەنی بیمو ترس بن لـە سزای خوداو خاوەن تەماع بن لـە نیعمەتو رەحمەتو ثەوابیا •

(إن رَحْمَةَ اللهِ قَرِيبٌ مِنَ المُحْسِنِينَ) ★ (٥٦)

بەخششی خوداو کەرەمی ئەو نزیکە لەوانەوە کە ئەهلی ئیحسانن‌و بە دڵسۆزی بەندەیی خودا دەکەن •

★ (وهُـوَ الـذي يُرْسِلُ الرِّياحَ بُشْـراً بَيْـنَ يَدَيْ رَحْمَتِـهِ) ★

خودا ئەو خودایە کە باکان ئەنێرێ بە موژدەدەر بە باران لە پێش بارینیا •

★ (حتَّى إذا اَقَلَّتْ سَحـاباً ثِقـالاً سُقْناهُ لِبَلَدٍ مَيِّتٍ فَأنْزَلْنا بِهِ الماءَ فأخْرَجْنا بِهِ مِنْ كُلِّ الثَّمَراتِ) ★

تا کاتێ کە ئەو بایانە هەوری قورس بەرز ئەکەنەوە بەرەو ئاسمان جا ئەو هەورە لێ ئەخوڕین بۆ ئاوەدانییەك کە لەبەر وشکی مردووە ئاوی باران ئەڕژێنینە خوار بۆ سەریو بەو ئاوە دەر ئەکەین لە ژێر زەویەوە لە هەموو جۆرە بەشو بارەیێ بە هۆی رواندنی گیاوە ، وە نەفسی ئەو گیایە ئەبێ بە خۆراکی ئادەمیزادو باقی گیانلەبەران یا تەنیا بۆ یەکێکیان یاخود

گیایەکە ئاخورێو بەرەکەی ئەخورێو بەشێ لەو بەرە قووتەو قنیاتی پێ ئەکرێو بەشێکی بۆ رابواردن ئەخورێ •

★ (كَذلِكَ نُخْرِجُ المَوْتی لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرونَ) ★ (٥٧)

وە هەر وەکو بە بارانی ئاسمانی لە ژێر تۆیی زەویدا لەسەر تۆمو ریشە وە یا بێ تۆمو بێ ریشە گیا دەرئەکەینو ولاتەکە زیندوو ئەکەینەوە بەو جۆرە مردوەکانیش لە ژێر زەوی دەرئەکەینو زیندوویان ئەکەینەوە بۆ ئەوە بڕۆن بۆ مەیدانی حسێبو هەر یەکێ بە تۆڵەی بیرو باوەڕو کردەوەی خێرو شەڕ بگاتو مانای دادگەری خودا بێتە جێ جا رجایە بەم وردەکارانە بیر بکەنەوەو باوەڕتان بە تەوانایی خودا تەواو ببێ •

★ (والبَلَدُ الطَيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ) ★

ولاتێ زەویەکەی بە پیتو بەرامەد بێ گیای دەرئەچێ بە ئیزنی پەروەردگاری خۆی بە بەشو بارەی باشەوە •

★ (والّذي خَبُثَ لا يَخْرُجُ إلاّ نَكِداً) ★

وە زەویەکی وا کە پیسو بێفەڕ بێ گیای لێ دەرناچێو گیا ناڕوێنێ مەگەر بە بێ سوودیو بێ خێری •

★ (كذلِكَ نُصَرِّفُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرونَ) ★ (٥٨)

ئاوەها نیشانەی تەوانایی خۆمان ئەگۆڕینو بە پێی پێویست بەرەکەتو بەر دەرئەکەینو ئەمە ئەکەین بۆ گەلێ کە سوپاسی خودا ئەکەن •

★ (لَقَدْ أرْسَلْنا نوحاً إلى قَوْمِهِ فَقالَ : يا قَوْمِ اعْبُدوا اللهَ ما لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرُهُ) ★

بە راستی نووحمان رەوانە کرد بۆ لای گەلەکەی بۆ ئامۆژگاری- کردنیان ئەویش رۆییو پێی وتن : ئەی گەلی خۆم بەندەیی خودا بکەن ئێوە هیچ مەعبوودێکتان نیە ئەو نەبێ •

★ (إنّي أخافُ عَلَيْكُمْ عَذابَ يَوْمٍ عَظيمٍ) ★ (٥٩)

من لەوە ئەترسم کە ئێوە تووشی سزایەکی گەورە بین •

★ (قالَ المَلأُ مِنْ قَوْمِهِ : إنّا لَنَرِيكَ في ضَلالٍ مُبِينٍ) ★ (٦٠)

جا پاش ئەوە کە نووح تەبلیغاتی کرد کۆمەڵەی پیاوی خاوەن شانی گەلەکەی پێیان وت : بە راستی ئێمە تۆ لـە ناو گومڕاهییەکی ئاشکرادا ئەبینین •

★ (قـال : يا قَوْمِ لَيسَ بِي ضَلالَةٌ ولكِنّي رَسولٌ مِنْ رَبِّ العالَمِينَ) ★ (٦١)

نووح بە گەلەکەی فەرموو : ئەی گەلی من من گومڕا نیم بەڵام من پێغەمەرم لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە •

★ (اُبَلِّغُكُمْ رِسالاتِ رَبّي واَنْصَحُ لَكُمْ وَاَعْلَمُ مِنَ اللهِ ما لا تَعْلَمونَ) ★ (٦٢)

وە مادام من پێغەمەری خودام لەسەر بەجێهێنانی واجبی خۆم ئـەو بیرو باوەڕەو ئـەو ئادابی دینـە کە رەوانە کراوم پێیان لـە لای خوداوە ئەیانگەیەنم پێتانو خزمەتتان ئەکەم بە ساغیو تەمێتان ئەکەم بە یاسای دین بۆ دوورکردنـەوەی رەوشتی خـراپو وەرگـرتنی رەوشـتی باشو دڵسۆزیتان بۆ ئەکەم بە ئاشکراو پەنامەکیو چی بۆ خۆم بە باشی بزانم بۆ ئێوەیش بە باشی ئەزانمو هەرچی حەز بکەم خۆم دەستم بکەوێ حـەز ئەکەم ئێوەیش دەستتان بکەوێو بە هۆی وەحیەوە لە لایەنی خوداوە بازە شتێ ئەزانم کە ئێوە نایانزانن ، جا ئەگەر لە ئەحکامی تەبلیغە بن پێویستە بیانگەیەنم بـە ئێوەو ئەگـەر لـە بەخشیشی تایبەتی بێ ئـەوە تەبلیغی پێویست نیە •

★ (اَوَ عَجِبْتُمْ اَنْ جاءَكُمْ ذِكْرٌ مِنْ رَبِّكُمْ على رَجُلٍ مِنْكُمْ لِيُنْذِرَكُمْ ولِتَتَّقُوا ؟) ★

ئایا سەرتان سوڕئەمێنێ لەوە کە لە لای خوداوە ئامۆژگاریەکتان بۆ

بێت‌و هۆی رزگاریتان لەسەر دەستی پیاوێ لـە رشتەی باوك‌و باپیرەی خۆتان بۆ بێت . بۆ ئەوە کە بەو ئامۆژگارییە بتانترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت وە بۆ ئەوە کە ئێوەیش فەرمانی بەجێ بێنن‌و لە خودای خۆتان بترسن ؟

★ (ولَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) ★ (٦٣)

بەڵکو ئێوە بکەونە بەر میهرەبانی خودای میهرەبان .

★ (فَكَذَّبُوهُ فَأَنْجَيْنَاهُ والَّذينَ مَعَهُ فِي الفُلْكِ واَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا) ★

ئەوایش هـەرچەن نووح تێکۆشا بۆ تەربیەتیان هـەر باوەڕیان پێ نەکردو بە درۆیان ئەخستەوە ، وە ئێمەیش لەسەر پاڕانەوەی ئەو فەرمانی دروستکردنی کەشتیمان دا بە نووح‌و کەشتی دروستکردو خۆی‌و گەلێ پەیڕەوانی رۆیشتنە ناوی‌و تۆفانی ئاومان هەڵکردو جیهانمان غەرقی ئاو کـرد . جـا نووح‌و ئەوانە لەگـەڵ ئـەوا بوون رزگارمان کردن لـەناو کەشتیەکەداو ئەو کەسانە کە باوەڕیان نەکرد بە ئایاتی ئێمە غەرقمان کردن لە ئاوا .

★ (إنَّهُمْ كانُوا قَوْماً عَمِينَ) ★ (٦٤)

بە راستی ئەو گەلی نووحە کۆمەڵێکی کوێر بوون لە دەرك‌و هۆشا هەرچەن چاویان ئەیبینی .

★ (وإلى عادٍ أخاهُمْ هوداً) ★

وە رەوانەمان کرد بۆ لای گەلی عاد . لە ئەحقافدا لە وڵاتی یەمەن . هوودی برای خۆیان .

★ (قال : يا قَوْمِ اعْبُدوا اللهَ ما لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرُهُ افلا تَتَّقونَ ؟) ★ (٦٥)

وە هوود فەرمووی : ئەی گەلی من بەندەیی خودا بکەن‌و عیبادەتەکەتان بۆ خودا بێ بـە تەنیاو هاوڕێی بۆ بڕیار مەدەن‌و نیە بۆ ئێوەو بۆ هەموو

گیاندارو بێ‌گیان لە جیهانا خودایێ بێجگە لەو زاتە کە ناوی (الله)یە ، ئایا پاش ئەم تێگەیاندنە ئیتر ئێوە خۆتان لە نافەرمانی خودا ناپارێزن‌و خۆتان لە تاوانباری لانادەن‌و خۆتان لە رەزای خودا نزیك ناکەنەوە بە پەرستیاری‌و راستی‌و ئیخلاص‌کاری ؟

وە هوود کە بە برای گەلی عاد ناوبراوە لەبەر ئەوەیە کە لەو کۆمەڵە بوە . چونکی هوود کوڕی عەبدوڵلای کوڕی رەباحی کوڕی خولوود لە نەوەی سامی کوڕی نووح بوەو لە نەوەی عاد نەبوە بەڵام ناوبراوە بە برای گەلی عاد لەبەر ئەوە کە تێکەڵیان بوەو لە ئاداب‌و ئەفکاریان شارەزا بوەو ئەوانیش لە وتاری ئەو حاڵی بوون ، بەڵام لەبەر ئەوە کە دژی بتپەرستی بوە بوون بـە دوژمنی‌و باوەڕیان تێك‌چوو لـە گـەڵیا ، وەکـو خـودا ئەفەرموویەتی :

★ (قالَ المَلأُ الّذينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ : إنّا لَنَريكَ في سَفاهَةٍ وإنّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكاذِبينَ) ★ (٦٦)

جا ئەو کۆمەڵە کـە کافر بوون لە گەلی هوود پێیان وت : ئێمە وا ئەزانین کە تۆ بێ عەقڵ‌و عەقڵ‌سووکی‌و باوەڕمان وایە کە درۆ ئەکەی لەم وتارانەدا کە بە ئێمەی ئەڵێیت : غەیری خودا ئیتر خودایێ ترتان نیە .

★ (قال : يا قَوْمِ لَيْسَ بِي سفاهَةٌ ولكِنّي رَسولٌ مِنْ رَبِّ الْعالَمينَ) ★ (٦٧)

ئەویش لـە وەڵامیانا فەرمووی : ئـەی گەلی من هیچ سەفاهەت‌و عەقڵ‌سووکیەك لە مێشکما نیە ، بەڵام من فرستادەو پێغەمەرم لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە .

★ (اُبَلِّغُكُمْ رِسالاتِ رَبّي واَنا لَكُمْ ناصِحٌ اَمينٌ) ★ (٦٨)

وە ئەحکامی خوداتان پێ‌ئەگەیـەنم‌و من بەرابـەر بـە ئێوە دڵپاك‌و هێمنم .

★ (اَوَ عَجِبْتُمْ اَنْ جاءَكُمْ ذِكْرٌ مِنْ رَبِّكُمْ على رَجُلٍ مِنْكُمْ لِيُنْذِرَكُمْ ؟) ★

ئایا سەرتان سورئەمێنێ لەوە کە لای خوداوە زیکرو پەندێکتان بۆ بێت لەسەر دەستی پیاوێك لە خۆتان بۆ ئەوە بتانترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت ؟

★ (واذْكُروا إذْ جَعَلَكُمْ خُلَفاءَ مِنْ بَعْدِ قَوْمِ نوحٍ وزادَكُمْ في الخَلْقِ بَسْطَةً فاذْكُروا آلاءَ اللهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحونَ) ★ (٦٩)

وە یادی ئەوە بکەنەوە کە ئێوە بێ دەستەلات بوونو خودای تەعالا ئەسبابی بەرزەوەبوونی پێدانو لە پاش نوح بوون بە جێگەنشینی پیاوە گەورەکانی ولاتو شەدادی کوڕی عاد بوو بە پاشای جەزیرە کە یەکێ بوو لە ئێوەو خودا لە باقی ئادەمیزادی جیاکردنەوەو لە لەشو فەوارەدا ئیستیازی پێدانو هەیکەلی گەورە کردن بە جۆرێ کە خەلك شەرمی لێ ئەکردن . دەی یادی نیعمەتەکانی خودا بکەنەوە بەلکو هێزی عیبادەتتان پێ بداو رزگار بین •

★ (قالوا : اَجِئْتَنا لِنَعْبُدَ اللهَ وحْدَهُ ونَذَرَ ما كانَ يَعبُدُ اباؤُنا ؟ فَأْتِنا بما تَعِدُنا إنْ كُنْتَ مِنَ الصّادِقينَ) ★ (٧٠)

وتیان : ئایا تۆ هاتووی بۆ لای ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە کە هەر بەندەیی بۆ خودا بکەین بە تاقی تەنیاو تەرکی ئەو بتانە بکەین کە باوكو باپیرەی ئێمە پەرستوونیان ؟ دەی ئەگەر راست ئەکەیتو لە راستگۆیانی ئەو سزا کە ئەیلێیتو ئێمەی پێ ئەترسێنی بۆمانی بێنە •

★ (قالَ : قَدْ وقَعَ عَلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ) ★

جا هوود ـدـ کە حالی بوو ئەو گەلە هەر لەسەر گومڕاهی ئەمێننەوەو

دڵنیا بوو کە خودا ئەیان فەوتێنێ پێی فەرموون : بە ڕاستی بڕیاردراو دامەزرا لەسەرتان لە لای پەروەردگاري ئێوەوە سزایەکی ناباری وا کە ئەتان گەتێنێ بەسەر یەکاو ئەبارێ بەسەرتانا غەزەبی خودا لەسەر خواستی تۆڵەسەندنەوەی ئەووەڵو ئاخر لێتان •

★ (اَتُجادِلونَني في اسماءٍ سَمَّيْتُموها اَنْتُم وآباؤُكُمْ) ★

ئایا ئێوە موجادەلەو شۆڕئەنگێزی لەگەڵ منا ئەکەن بۆ خاتری دامەزراندنی بەندەیی بۆ چەن بتێکی تاشراوی خاوەن شۆرەتی درۆو خاوەن ناوی بێ ناوك کە ئەوانە بەس ئێوەو باوكو باپیرەکانتان ناوتان بۆ داناونو حەقیەتو ئەسڵو ئەساس بۆ پیرۆزی ئەوانە نیە •

★ (ما نَزَّلَ اللهُ بِها مِنْ سُلْطانٍ ؟) ★

خودا هیچ دەلیلو بورهانێکی عەقلی یا نەقلی نەناردوە لەسەر گەورەبی ئەوانە ، واتە نە بە وەحی ئاسمان بڕیاری داوە ئەوانە قیمەتیان هەیەو نە بیرێکی ساغی داپەڕانوە بۆ دەماخی هۆشیاران لەسەر ئەوە کە ئەو بتانە جێگەی ئیعتیبارن •

★ (فانْتَظِروا إنّي مَعَكُمْ مِنَ المُنْتَظِرينَ) ★ (٧١)

چاوەڕێ بکەن بۆ گەیشتنی ئەو سزای خودایەو منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم هەتا بزانین چیتان پێ ئەکا •

★ (فاَنْجَيْناهُ والَّذينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنّا وقَطَعْنا دابِرَ الَّذينَ كَذَّبُوا بِآياتِنا وما كانُوا مُؤْمِنينَ) ★ (٧٢)

جا تەنیا هوود خۆیو ئەو کەسانە کە لەگەڵیا بوونو ئیمانیان هێنا بوو رزگارم کردنو ریشەی ئەو کەسانەمان بڕی کە تەکزیبی ئایاتی ئێمەیان کرد وە ئەوەندە سەرسەخت بوون لەوانە نەبوون کە ئیمان بێنن •

ریوایەت کراوە پاش ئەم هەڕەشەی حەزرەتی هوودە خودا سێ ساڵ بارانی لێ گرتنەوە لە پاشان هەورێکی رەشی گەورەی ناردە راسەریان گومانیان وابو ئەبێ بە هۆی بارانێکی ئارامی وەها کە دنیا بژێنێتەوە کەچی

بوو بە بایەکی توندی سامناکی بێ ئامانو ولاتەکەی وێرانکردنو ڕووخاندی بەسەریاناو کەللەو دەماخی ئادەمیزادەکەیشی زایەکردو بەم جۆرە ئەو گەلە بابیە بەربارد بوونو بوون بە پەند بۆ هۆشیاران •

★ (وإلى ثَمودَ أخاهُم صالِحاً) ★

وە ڕەوانەمان کرد بۆ سەر قەبیلەی (ثەموود) (کە مەشهوور بوون بە ناوی باپیرەگەورەیانەوە ثەموودی کوڕی (عابر)ی کوڕی (أرم)ی کوڕی (سام)ی کوڕی نووح ـ د ـ) صالحی کوڕی (عبید)ی کوڕی (آسف)ی کوڕی (ماسح)ی کوڕی (عبید)ی کوڕی (حازر)ی کوڕی ثەموود لە ولاتی (حجر)دا دائەنیشتن لە ناوبەینی حیجازو شامدا •

★ (قالَ : یا قَومِ اعبُدوا اللهَ ما لَکُم مِن إلهٍ غَیرُهُ) ★

فەرمووی : ئەی گەلی من بەندەیی بکەن بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگارەو ئاسمانو زەوی‌و دارو بەردو گیاو گیانلەبەری لە نەبوونەوە دروست کردوەو هەر ئەو زاتەیە بەندەیی بۆ ئەکرێ‌و هیچ خوایەکی ترتان نیە جگە لەو •

★ (قَد جاءَتکُم بَیِّنَةٌ مِن رَبِّکُم) ★ :

بە ڕاستی وا هات بۆ لاتان بەو جۆرە کە داواتان کرد شاهیدێ لە لایەنی خودای خۆتانەوە •

★ (هذِهِ ناقَةُ اللهِ لَکُم آیَةً فَذَروها تَأکُل فی أرضِ اللهِ) ★

ئا ئەوەی کە لە پێش چاوتانایە وشترێکە بەس بە هێزی تەوانایی خودا دروست کراوەو لەو بەردە دەرچووەو حالی وایە بۆتان بوە بە نیشانەی گەورەیی خودا وازی لێ بێنن با بلەوەڕێ لە گژو گیای زەوی خودا •

★ (ولا تَمَسّوها بِسوءٍ فَیَأخُذَکُم عذابٌ ألیمٌ) ★

(٧٣)

وە دەخیلتان بم قەت دەستی لێ مەدەن بە خەیاڵی زیان پێگەیاندنی نەوەك سزایەكی سەختو بە ئازارتان تووش بێ •

ریوایەت كراوە حەزرەتی صالح گەلێ ئامۆژگاری كـردن سوودی نەبوو هەتا رۆژێ لە رۆژان سەرۆكی قەبیلەی ثەموود (جندع)ی كوڕی (عەمر) ئیشارەتی كرد بۆ بەردێكی گەورە لە وڵاتەكەیاندا بوو وتی : داوا بكە لە خودا لەم بەردە وشترێكی زەلامی تووكن دروست بكاو دەری بكا بۆمان • حەزرەتی صالح داوای ئەوەی كرد لە خوداو بە فەرمانی خـودا وشترێ لە بەردەكە هاتەدەرەوەو (جندع)و كۆمەڵێ لە گەڵیا ئیمانیان هێنا بە صالحو (ذواب)ی كوڕی عەمرو (جبار)ی سادینی بتەكانو (رباب)ی كوڕی (صخر) كە كاهین بوون ئیمانیان نەهێنا •

★ (واذْكُروا إذْ جَعَلَكُمْ خُلَفاءَ مِنْ بَعْدِ عادٍ وبَوَّأَكُمْ في الأَرضِ تَتَّخِذونَ مِنْ سُهولِها قُصوراً وتَنْحِتونَ الجِبالَ بُيوتاً) ★

وە یادی نیعمەتی خودا بكەنەوە لە سەرتان لەبەر ئەوە كە ئێوەی كرد بە جێگەنشینی گەورەكانی وڵات لە پاش لـە ناوچوونی قەبیلەی عاد لـە یەمەناو دایمەزراندن لە زەویداو خاوەن هێزی كردنو لە شوێنی ئارامو دەشتا قـەسرو باڵاخانـەی جوان ئەكەنەوەو لـە كەژو كێوی سـەختو بەرداویدا هۆدەو ماوای دامەزراوی باش دەتاشن •

★ (فاذْكُروا آلاءَ اللهِ ولا تَعْثَوْا في الأَرْضِ مُفسِدِينَ) ★ (٧٤)

باسی ئەو هەموو نیعمەتانی خودایە بكەن كە داویەتی پێتانو ئیشی خراپو نابار مەكەن لە زەویداو بە بەدخوویی مەژین •

★ (قـالَ المَلأُ الَّذينَ اسْتَكْبَروا مِنْ قَـوْمِـهِ لِلَّـذينَ اسْتُضْعِفوا لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ : أتَعْلَمونَ أنَّ صالِحاً مُرْسَلٌ مِنْ رَبِّهِ ؟ قالوا : إنّا بِما أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنونَ) ★ (٧٥)

جا ئەو کۆمەڵە ناودارەی وەها کــە خاوەن دەمار بوون لــە گەڵی صالح ـدـ وتیان بە کۆمەڵەیێ لەوانە کە بێ دەستەڵاتن بە تایبەتی بەوانەیان کە ئیمانیان هێناوە بە صالح وتیان : ئایا ئێوە ئەزانن‌و باوەڕتان هەیە بەوە کە صالح ڕەوانە کراوە لە لایەنی خوداوەو کراوە بە پێغەمەری خــودای خۆی بۆ سەر ئێمە ؟ ئەوانیش لە وەڵاما وتیان : ئێمە ئیمانمان هەیە بەوەی کە صالح پێی‌ڕەوانەکراوەو باوەڕمان هەیە پێغەمەری خودای تەعالایە •

★ (قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : إِنَّا بِالَّذِي آمَنْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ) ★ (٧٦)

جا ئەوانە کە خاوەن دەمار بوون‌و فیزیان ئەکرد وتیان : بە ڕاستی ئێمە باوەڕ ناکەین بەوەی کە ئێوە ئیمانتان پێ هێنا •

★ (فَعَقَرُوا النَّاقَةَ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا : يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ) ★ (٧٧)

جا وشترەکەی حەزرەتی صالحیان پەی کرد ، واتە وتیان بە پیاوێکی ناپیاو لە گەنەکەدا : بڕۆ دەست‌و پێی ئەو وشترە ببڕە ، ئەویش ڕۆیشت چوارپەلی وشترەکەی بڕی • وە لە فەرمانی خودا لایان دا کە ئەمری کردبو بەوە دەست نەبەن بۆ ئەو وشترە • پاش ئەوە بانگیان کرد لە صالح‌و ـدـ وتیان : فەرموو ئەگەر تۆ پێغەمەری ئەو ئازارو بەڵایەمان بۆ بێنە کە ئێمەت لێ دەترساند •

★ (فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ) ★ (٧٨)

جا لەو سەردەمەدا کوتوپڕ بومەلەرزە گرتنی‌و داگیری کردن‌و هەر لەناو ماڵەکانی خۆیانا کەوتن‌و مردن •

★ (فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ : يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِنْ لَا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ) ★ (٧٩)

جا ئەم کارەساتە هات‌و ئەم نەهاتە ڕووی دا حەزرەتی صالح پشتی

هەلکرد لەو شوێنە کە بومەلەرزەکە لێیداوەو لە شوێنێکی تایبەتیدا دانیشتو لە خەمو پەژارەی خۆیدا بەرابەر بە گەلە مردوەکەی فەرمووی ئەی گەلی من بە راستی من پەیامی خودای خۆمم پێ گەیاندنو ئامۆژگاریم کردنو دلسۆزیم بۆ دەربرین بەلام ئێوە ئەو کەسانەتان خۆش ناوێ کە دلسۆزن • وە دەگونجێ ئەم قسەی حەزرەتی صالحە ـدـ هەر لە پێش کارەساتەکەدا بووبێ لەو کاتەدا کە ئەوان وشترەکەیان پەی کردو وتیان بە صالح چی ئەکەی بیکە •

★ (ولوطاً إذْ قالَ لِقَوْمِهِ : اَتَأْتونَ الْفاحِشَةَ ما سَبَقَكُمْ بِها مِنْ اَحَدٍ مِنَ الْعالَمِينَ ؟) ★ (٨٠)

وە باسی رووداوی زەمانی (لووط)ی کوڕی (هاران)ی برای ئیبراهیمی خەلیل بکە لەو کاتەدا کە بە گەلەکەی لە ئەهلی (سەوم) لە ولاتی (اردن)دا فەرمووی : ئایا ئێوە پیاوگەلێکی ئەوەندە بێشەرمن کە کردەوەی ناهەمواری فاحیشە ئەکەنو لە دواوە سواری نێرینە ئەبن کە حالی ئەم فەرمانە ناهەموارە وایە کەس لە سەرسەریو تاوانبارانی جیهان نەکەوتوەتە پێشی ئێوەوە تیایا ؟ واتە ئەم رەفتارە نابارە لە ئێوەوە رووی داوە لە پێش ئادەمیزادانا بۆ ئەوە کە لە پاش ئێوەیش هەرکەسێ بیکا ئێوە شەریکی تاوانەکەی بن •

★ (إنَّكُمْ لَتَأْتونَ الرِّجالَ شَهْوَةً مِنْ دونِ النِّساءِ بَلْ اَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفونَ) ★ (٨١)

بە راستی ئێوە ئەچنە لای پیاوان نەك ژنان لەبەر بەجێهێنانی ئارەزووی نەفسی خۆتانو دەرکردنی گەرمی لەشتان • ئێوە نەك هەر لەم بابەتەوە بەلکو لە گەلێ بابەتی ترەوە لە حەق لاتان داوە ، ئەگەرنا بەم شێوە حەیای خۆتانو عالەمتان نەدەبردو بە یاسای باش دەسبەردار ئەبوون •

★ (وما كانَ جَوابَ قَوْمِهِ إلاّ اَنْ قالوا : اَخْرِجوهُمْ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إنَّهُمْ اُناسٌ يَتَطَهَّرونَ !) ★ (٨٢)

وە لە بەرابەری ئەم ئامۆژگاری لووطەوە وەڵامی گەلەکەی هەر ئەوە بوو کە وتیان : ئەم خانەدانی لووطە لە ئاوەدانیو دێی خۆتان دەرکەن ؛ چونکی ئەمانە ئادەمیزادێکن خۆیان دوور ئەگرن لەم ئیشانە کە ئێمە ئەیانکەین !

★ (فَانْجَيْنَاهُ وَاَهْلَهُ إِلاَّ امْرَاَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ) ★ (٨٣)

جا ئێمە لەو کاتەدا کە ویستمان ئەو گەلە لەناو بەرین لووطو ئەهلی لووطمان رزگار کرد ژنەکەی نەبێ لە ریزی ئەوانەدا دانرا کە سزا ئەدرێنو لە سزادا ئەمێننەوە •

★ (وَاَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ مَطَراً فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ) ★ (٨٤)

وە بارانێکی نائاسایمان باراند بەسەریانا جا بڕوانە کە ئەنجامی بەدبیریو بەدکاری تاوانبارەکان چۆن بوو تا حاڵی ببیو بە چاو بڕوانیو ببینی ئەو گەلە هەموو بەردەباران ئەکەینو وڵاتەکەیان دائەپۆشین •

★ (وَإِلَى مَدْيَنَ اَخَاهُمْ شُعَيْباً) ★ :

رەوانەمان کرد بۆ وڵاتی مەدیەن ـ کە وڵاتێکە مەدیەن ناوی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمی تێدایە ـ برای خۆیان (شوعەیب) کوڕی (میکائیل) کوڕی (یسجر) کوڕی مەدیەن کوڕی ئیبراهیم ـدـ وە ئەم زاتە پێیان ئەوت (خطیب الانبیاء) لەبەر ئامۆژگاری‌کردنی گەلەکەی بە زۆری •

★ (قَالَ : يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللهَ مَالَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ) ★

فەرمووی بە گەلەکەی : ئەی گەلی خۆم بەندەیی بکەن بۆ خودای عالەم کە ناوی (الله)یەو نیە بۆ ئێوە خودایەکی ترو بە راستی هات بۆ لاتان شاهیدێو بورهانێ بۆ ریسالەتی من لە لایەنی خوداوە •

موفەسیرەکان فەرموویانە : ئەو موعجیزەی حەزرەتی شوعەیبە ـدـ

لە قورئانا بەیان نەکراوە وەکو گەلێ موعجیزەی پێغەمەران باس نەکراوە لە قورئانا . وە ئەڵێن : ئەو موعجیزەی شوعەیبە ئەو عاسایە بوە کە داویە بە موساو ـد ـ شەڕی کردوە لەگەڵ ماری گەورەدا .

بازێ فەرموویانە : مەبەس لـە (بینە) لـەو ئایەتەدا هەر ریسالەتی شوعەیبەو قەسدی ئەوە بوە کە ئـەو ریسالەتەو ئەو نووری نوبووەتو حیکمەتە کە کراوە بە خەلات بۆ من لەگەڵ ئەوەدا ئێوە ئەزانن کە من لە پێش ریسالەتا هیچم نەزانیوە ئەوە ئەبێ بـە شانو شەرەف بۆ منو بـە شایەت بۆ ئێوە لەسەر ئەوە کە قسەی من راستە .

★ (فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ) ★

جا پێوانەو کێشانە تەواو بکەن بۆ ئەو کەسانەماڵتان لێ ئەکڕنو هەقی خەلك کەم مەکەنەوەو بەشی کەس زایە مەکەن .

★ (وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا) ★

وە خراپەو زیانکاری مەکەن لە زەویدا پاش ئەوە کە خودا بە ناردنی پێغەمەران بۆ تەمێی ئادەمیزاد ئیصلاحی کردوە .

★ (ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) ★ (٨٥)

ئەم پیاوەتیو راساڵیو یارمەتی رەهبەرانە باشترە لەوە کە ببن بە دژ ئامۆژگاری ئەوان ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیە .

★ (وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا) ★ :

ئەی گەلی من ناپیاو مەبنو دامەنیشن لە هەموو رێگەیێ لە رێگەی ئەو ئادەمیزادە پاکانەدا کە خەڵکی بانگ ئەکەن بۆ ئیمانهێنان بۆ ئەوە کە هەڕەشەبان لێبکەنو بیانترسێننو مەنعیان بکەن لە تەمێکردنی نەزانەکانو بۆ ئەوە کە مەنعی ئەوانە بکەن کە ئیمانیان هێناوە بە خودا لە رۆیشتن بە رێگەی راستی خوداداو گومانی ناهەموار بخەنە دڵیانەوە بۆ ئەوە کە

تەرکی ئەو رێگە بکەن‌و رێگەی راست بە لار نیشان بدەن •

★ (واذْكُروا إذْ كُنْتُمْ قَليلاً فَكَثَّرَكُمْ) ★ :

وە بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە ئێوە کەم بوون لە ژمارەو لە ئەسبابی جەنگدا وە خودا بە ماوەیەکی کەم زۆری کردن لە ژمارەو هێزدا •

★ (وانْظُرُوا كَيفَ كانَ عاقِبَةُ المُفْسِدينَ) ★ (٨٦)

وە تەماشا بکەن کە ئەنجامی ناپیاوە بەدکارەکان چۆن بوو لەسەر ستەمکاری‌و ناهەمواری ئەوان چلۆن خودا قاری لێ گرتن‌و بەربادی کردن ئێوەیش بەوان تەمێ‌خوار بن •

★ (وإنْ كانَ طائِفَةٌ مِنْكُمْ آمَنوا بالَّذي اُرْسِلْتُ بِهِ وطائِفَةٌ لَمْ يُؤْمِنوا فَاصْبِروا حَتَّى يَحْكُمَ اللهُ بَيْنَنَا وهُوَ خَيْرُ الحاكِمِينَ) ★ (٨٧)

وە ئەگەر تایفەو کومەڵێ لە ئێوە ئیمانتان هێنا بەو دینەی من پێی رەوانەکراوم وە کۆمەڵێ ئیمانیان نەهێناو لەسەر کوفری خۆیان ماونەتەوە دە چاوەڕێ بکەن هەتا خودا فەرمانی خۆی دیاری بکا لە ناومانا بە یارمەتی‌دانی موسوڵمانەکان بەسەر کافرەکانا ، وە راستە کە خودا چاکترین فەرماندەری جیهانە لە ئاشکراو پەنهانا •

★ (قالَ المَلأُ الَّذينَ اسْتَكْبَروا مِنْ قَوْمِهِ : لَنُخْرِجَنَّكَ يا شُعَيْبُ والَّذينَ آمَنُوا معَكَ مِنْ قَرْيَتِنا اوْ لَتَعودُنَّ فِي مِلَّتِنا) ★ :

جا پیاوماقووڵەکانی گەلی شوعەیب ـدـ ئەوانەیان کە خاوەن فیزو دەمار بوون ئیمانیان نەهێناو هەڕەشەیان کرد لە شوعەیب‌و وتیان : بە راستی تۆو ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا لەگەڵ تۆدا دەرتان ئەکەین لە ئاوەدانی خۆمانە یا ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر میللەت‌و دینی ئێمە •

★ (قال : اَوَلَوْ كُنَّا كارِهِينَ ؟) ★ (٨٨)

شوعەیبیش فەرمووی : ئایا ئەگەر حەزیش نەکەین‌و پێمان ناخۆش بێ هەر ئەمان‌گێڕنەوە بۆ میللەت‌و دینی خۆتان ؟ ئەم جوملە دوو مانا هەڵدەگرێ : یەکەم : مادام ئێمە بە دڵ عاجزین لە دینەکەتان قابیل نیە بگەڕێینەوە بۆ سەری ؛ چونکی دین بە بێ خۆشویستن دین نیە • دووەم : مادام ئێمە حەز بە دینەکەتان ناکەین ئەگەر بە زۆری ئێوەیش بگەڕێینەوە ئەوە هەر نەگەڕاوینەتەوە چونکی دین ئەبێ ئیختیاری بێ نەك بە زۆرداری •

★ (قَدِ افْتَرَيْنا على اللهِ كَذِباً إنْ عُدْنا فِي مِلَّتِكُمْ بَعْدَ إذْ نَجَّينا اللهُ مِنْها) ★

ئەگەر ئێمە لە پاش ئەوە خودا رزگاری کردین لەو دینە نارەوایە کە بتپەرستیەو گەیشتین بە تەوحید •• بگەڕێینەوە بۆ لای بتپەرستی‌و هاوڕێ بۆ خودا دابنێین ئەوە دیارە درۆمان لەسەر خوا کردوەو بە درۆ وتوومانە خودا شەریکی هەیە •

★ (وما يَكُونُ لَنَا اَنْ نَعُودَ فِيها إلاَّ أنْ يَشاءَ اللهُ رَبُّنا) ★

وە قەت نابێ‌و بە عادەت مەحاڵە بۆ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ میللەتێ کە خۆمان ئەزانین درۆیەو بێ ئەساسە مەگەر خودا خواستی وابێ نائومێدمان بکا لە رەحمەتی خۆی‌و دڵمان بگۆڕێ ، ــ پەنا بە خودا ــ •

★ (وسِعَ رَبُّنا كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً على اللهِ تَوَكَّلْنا) ★

خودای ئێمە زانستی گوشادە جێگەی هەموو شتێکی تێدا ئەبێتەوەو هەر شتێکیش مومکین بێ بۆ ئەو ئاسانەو هەر پشت بە خودا ئەبەستین‌و داوای ئەوە ئەکەین دڵمان دامەزرێنێ لەسەر دین‌و لە رێگەی حەق لامان نەدا •

★ (ربَّنا افْتَحْ بَيْنَنا وبَيْنَ قَوْمِنا بِالْحَقِّ واَنْتَ خَيْرُ الفاتِحِينَ) ★ (٨٩)

پەروەردگارا بە کەرەم‌و رەحمەتی خۆت حوکم بدە لە بەینی ئێمەو گەلەکەمانا بە حەق . واتە یارمەتی ئێمە بدە زاڵ ببین بەسەر هێزی کوفرو گومڕاییدا هەتا هەردولا بە راستی بناسرێن . وە تۆ ئەی خودا باشترین حاکم‌و فەرماندەری لە جیهانا .

★ (وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ : لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْباً إِنَّكُمْ إِذاً لَخَاسِرُونَ) ★ (٩٠)

جا ئەو کۆمەڵە کە کافر بوون لە گەلی شوعەیب وتیان بە ئەفرادی گەلەکەیان بە هەڕەشەی دنیایی‌و بە ئامۆژگاری ئایینی : ئەی گەل وەڵلاهی ئەگەر بکەونە دوای بیرو باوەڕی شوعەیب‌و ئیمانی پێ‌بێنن بە راستی ئێوە زیان ئەکەن لە دنیادا ؛ چونکی ئێمە لێتان قەبوڵ ناکەین‌و بۆ دینیشتان زەرەرە ؛ چونکی ئایینی شوعەیب باش نیە ـ دیارە بە گومانی ئەوان ـ .

★ (فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ) ★ (٩١)

جا لە کوتوپڕا بومەلەرزە وڵاتەکەی گرتن‌و لە خانوەکانی خۆیانا مردن‌و کەوتن بەسەر یەکا . وە ئەم جۆرە کارەساتانە کە دێ بەسەر نافەرمانەکانا سوپایەکی پەنامەکی خودایە .

★ (الَّذِينَ كَذَّبُوا شُعَيْباً كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا) ★

ئەو کەسانە کە شوعەیبیان بە درۆ خستەوە وایان بە سەرهات‌و لەناوچوون‌و شوێنەواریان بڕاوە وەك هەر نەبووبن‌و ناویان نەبووبێ .

★ (الَّذِينَ كَذَّبُوا شُعَيْباً كَانُوا هُمُ الْخَاسِرِينَ) ★ (٩٢)

ئەو کەسانە کە شوعەیبیان بەدرۆ خستەوە هەر ئەوان زیانیان پێ‌گەیشت نەك ئەوانە کە باوەڕیان پێ‌کردو ئیمانیان پێ هێنا .

★ (فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ : يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ) ★

ئەویش بە ئێش‌و ئازارێکی دڵەوە پشتی هەڵکردو دوورکەوتەوە

لەوانو بانگی کرد لە کۆمەڵە لەناوچوەکەو بانگی کردن وەکو بانگ لـە زیندوو بکا ، وتی : بە راستی من پەیامی خودای خۆمم پێ گەیاندنو بە دڵسۆزی، تێکۆشیم لەگەڵتانا بەڵام ناتوانم هیچ غەمێ هەڵبگرم بۆ کۆمەڵی بێ باوەڕو کافر •

★ (فکَیْفَ آسی علی قَوْمٍ کافِرِینَ ؟) ★ (٩٣)

چۆن خەم بخۆم لەسەر فەوتانی گەلێ کە بۆ خەمخواردن نەشێن ؟

★ (وما اَرْسَلْنا فِي قَرْیةٍ مِنْ نَبِيٍّ إلاّ اَخَذْنا اَهْلَها بِالبَاْساءِ والضَّرّاءِ لعلّهُمْ یَضَّرَّعونَ) ★ (٩٤)

هەرگیز رەوانەمان نەکردوە هیچ پێغەمەرێ لە هیچ ئاوەدانیەکدا ئیللا پاش سەرکێشیی ئەوانە خەڵکەکەمان دووچاری فەقیریو لاتیو نەخۆشی خراپ کردوە بەڵکو بیربکەنەوەو روو بکەنە خوداو تۆبە بکەن •

★ (ثُمَّ بَدّلْنا مَکانَ السَّیِّئَةِ الحَسَنَةَ حتّی عَفَوْا) ★

لە پاشا لە جێگەی ئەو لاتیو نەخۆشیەدا دەوڵەمەندیو لەش ساغیمان پێدان هەتا زۆر بوون لەماڵو منداڵاو لە حورمەتو ئاسایشدا بەڵکو لایێ بکەنەوە بە لای خاوەنی ئەم کارەساتانەو ئەم حاڵە پیرۆزانەداو لە ئەنجاما خودا بناسن •

★ (وقالُوا : قَدْ مَسَّ اباءَنَا الضَّرّاءُ والسَّرّاءُ) ★ :

کەچی وتیان : ئەم خۆشحاڵیو بەدحاڵیە شتێکە ئەبێ ببێ لە دنیادا ، وە باوکو باپیرەی ئێمەیش ئەم نەخۆشیو دەوڵەمەندیو نەداراییانە بەسەرا هاتوە ، ئیتر نەبو بە هۆی بیرکردنەوەیان لە وجوودی خوداداو لە پەیڕەوی پێغەمەرانا •

★ (فاخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً وهُمْ لا یَشْعُرونَ) ★ (٩٥)

دەی کوتوپڕ ئەوانەمان گرتو تووشمان کردن وەلحاڵ ئاگایان لـە خۆیان نەبو لە هاتنی ئەو نەهاتیەدا •

★ (وَلَو اَنَّ اهْلَ القُـرى آمَنُـوا واتَّقَوْا لَفَتَحْنا عَلَيْهِم بَرَكاتٍ مِنَ السَّماءِ والاَرْضِ) ★ :

وە ئەگـەر ئەهلی دێهاتی ڕەهبەران ئیمانیان پێبهێنایەنو لـە خودا بترسایەنو شـوێن ڕەهبـەران بکەوتنایی‌و شـوێن ئەسـبابی دین‌و ژین بکەوتنیەو فەرمانی خودایان لە خۆ بگرتایەو کاسبی ڕەوایشیان بکردایە دەرگای بیت‌و بارەی باشسان لێ ئەکردنەوە لە ئاسمان‌و زەویەوە بباری بە سەریانا ٠

★ (وَلكِنْ كَذَّبوا فاَخَذْناهُمْ بِما كانُوا يكْسِبونَ) ★ (٩٦)

بەلام ئەوان درۆیان کرد بەرابەر بە پێغەمەرەکان جا ئێمەیش ئەوانمان گرت بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوە کە لـە تەکذیبەکەیانەوە پەیدا بوو کردیان ٠

(اَفاَمِنَ اهْـلُ القُـرى اَنْ ياْتِيَهُـمْ باْسُـنا بَياتاً وهُمْ نائِمونَ ؟) ★ (٩٧)

ئایا پاش ئەم هەموو کارەساتە ناهەموارە کـە بەسەر جیهانا هاتوە هێستا خەلکی دێهاتی ڕەهبەرەکان بە هێمنی‌و بێ خەم ڕائەبوێرنو لـەوە ناترسن کە هێزی قاری من لە شەوا کاتێ کە نووستوونو ئاگایان لە هیچ نیە داگیریان بکا وەکو ئەو دێهاتانە کە لە شەوا بە بومەلەرزەو لافاوو بارانو تەرزەو بروسکەو هێرشی دوژمن ٠٠٠ لەناوبران ؟

★ (اَوَ اَمِنَ اَهْلُ القُـرى اَنْ ياْتِيهُمْ باْسُنا ضُحىً وَهُمْ يلْعَبونَ ؟) ★ (٩٨)

یاخود ئەمین ئەبن خەلکی دێهاتی پێغەمەران لەوە کە سزاو ئازاری من بێتە سەریان لـە کاتی چاشتا لە حالێکدا ئەوان فەرامۆشن لـە دەردو کارەسات‌و گالتە ئەکەن ؟ واتە خودای تەعالا زورمەی لە کاتی ناکاواو لە وەختی بایی‌بوونا قاری ئـەڕژێنێ بەسـەر ئەوانەدا کـە خواستی لەسـەر نەهێشتنیانە ٠

★ (اَفَاَمِنُوا مَكْرَ اللهِ ؟ فلا يَاْمَنُ مَكْرَ اللهِ إلاَّ القَوْمُ الخَاسِرونَ) ★ (٩٩)

ئایا ئەم ئادەمیزادە بێهۆشە خودافەرامۆشکردوە ئەمین ئەبن لەو کردەوە سەختە ماڵوێرانکەرانەی خودایە بە وێنەی دوژمنێ کە فێڵ لە دوژمنی خۆی بکا ؟ نابێ ئەمین بن ، قەت لە مەکری خودا ئەمین نابێ ئەو کۆمەڵە نەبێ کە زیانکارو ئەنجام نابارن •

★ (اَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذينَ يَرِثُونَ الاَرْضَ مِنْ بَعْدِ اَهْلِهَا اَنْ لَوْ نَشَاءُ اَصَبْنَاهُمْ بِذُنوبِهِمْ ونَطْبَعُ على قُلوبِهِمْ فَهُمْ لا يَسْمَعُونَ ؟) ★ (١٠٠)

ئایا دەرنەکەوتوەو رۆشن نەبوەتەوە بۆ ئەو کەسانە کە وڵاتو دارایی وەرئەگرن لە پاش مردنی چینی پێشوو ئەمێننەوە بە غافڵیو بێبایی لە قاری خودا ؟ ئایا دەرنەکەوتوە بۆیان ئەگەر خواستمان بێ بە ئانێ لە تۆڵەی تاوانەکانیانا ئەیانگرین . بەڵێ ئەبێ بزانن لەسەر حیکمەتی خۆم کاتێ سزایان دوا ئەخەم هەتا وەختی دێ ، بەڵام حاڵی حازر لەبەر ئەوە کە زۆر دەورکەتوونەتەوە لە ئەحکامی خودا مۆرم ناوە بە دڵیاناو خێری تێ ناچێ جا بەو هۆوە پەندو ئامۆژگاری نابینن •

★ (تِلْكَ القُرى نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ اَنْبائِها) ★

ئەهلی ئەو دێهاتی پێغەمەرانە وەکو ئەهلی دێهاتی نوحو هودو صاڵحو لوط بازێ لە ئەخبارو بەسەرهاتیان بۆ تۆ ئەگێڕمەوە بۆ دڵدانەوەی تۆ •

★ (ولَقَدْ جاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ فَما كانُوا لِيُؤْمِنوا بِما كَذَّبُوا مِنْ قَبْلُ) ★

وە بە راستی پێغەمەرانیان هاتن بۆ لایان بەڵام ئەوان لەوانە نەبوون کە ئیمان بێنن لەبەر ئەوە کە دڵیان رەشەوە بووبوو لەبەر تاوانباریو باوەڕنەکردنیان بە پێغەمەرەکان لە پێش هاتنی پێغەمەرانی تازەدا ، واتە لە

پێش هاتنی پێغەمەرە تازەکانا دوژمنایەتیان کردبو لەگەڵ چینێکی پێش ئەوان جا هەر شوومی ئەو بێباوەڕیە نەیهێشت باوەڕ بکەن بە پێغەمەرە تازەکانیس •

★ (كذلِكَ يَطْبَعُ اللهُ على قُلوبِ الكافِرِينَ) ★ (١٠١)

بەم جۆرە مۆرکردنە کە لە ئەنجامی بەدئەندیشەیی‌و بەدکردەوەییدایە خودا دڵی کافرەکان مۆر ئەکا . واتە کافرەکان ئەکەونە دوای بیری تاریك‌و کردەوەی ناهەموارو ئیسەیش رەهبەران رەوانە ئەکەین کە ئامۆژگارییان ئەکەن ئەوانیش بە قەتعی موبالات ناکەن جا خودایش قاریان لێ ئەگرێت‌و دڵیان مۆر ئەکات •

★ (ومَا وجَدْنا لِأكْثَرِهِمْ مِنْ عَهْدٍ) ★

وە دەستمان نەکەوت لە لایەنی زۆرمەی ئەوانەوە وەفا بە پەیمان ، واتە گەلێ لەو ئومەتە گومڕاهانە گیرۆدەی دەرد بوون‌و عەهدیان کرد ئەگەر رزگار ببن ئیتر فەرمانبەرداری خودا بن کەچی کاتێ کە رزگار بوون وەفایان نەکردو فەرمانی خودایان بەڕێوە نەبرد •

★ (وإنْ وَجَدْنا أكْثَرَهُمْ لَفاسِقِينَ) ★ (١٠٢)

وە زۆرمەی ئەوانم وا دەس کەوت کە فاسق بوون‌و لە یاسای ئیسلام‌و ئیمان دەرچوون‌و دەوامیان نەکرد •

★ (ثُمَّ بَعَثْنا مِنْ بَعْدِهِمْ موسى بِآياتِنا إلى فِرْعَونَ ومَلائِهِ فَظَلَمُوا بِها) ★

لە پاش زەمانی ئەو پێغەمەرانە موسای کوڕی عیمرانمان رەوانە کرد لەگەڵ ئایات‌و موعجیزاتدا بۆ لای فیرعەون‌و کۆمەڵەی پەیڕەوانی کەچی ئەوانە ئینکاریان کردو تەئویلیان کرد بە تەئویلاتی فاسید •

★ (فانْظُرْ كيْفَ كانَ عاقِبَةُ المُفْسِدِينَ) ★ (١٠٣)

جا بڕوانە کە ئەنجامی ئەو بەدکارانە چۆن بو چییان بەسەرهات •

★ (وقالَ موسى : يا فِرْعونُ إنّي رسولٌ مِنْ ربِّ العالَمينَ (١٠٤) حَقيقٌ على أنْ لا أقُولَ على اللهِ إلاّ الحَقَّ) ★

وە موسا فەرمووی : ئەی فیرعەون بە راستی من رەوانەکراوم لە لایەنی پەروەردگاری عالەمەوە بۆ لای ئێوەو زۆر سوورم لەسەر ئەوە دەربارەی خوداو ئەوەی خودا پێی رەوانە کردووم راست نەبێ هیچ نەڵێم .

★ (قَدْ جِئْتُكُمْ بِبَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ فأَرْسِلْ مَعِيَ بَني إسرائيلَ) ★ (١٠٥)

وە بە راستی هاتووم بۆ لای ئێوە بە موعجیزەوە وە بەنی ئیسرائیلیەکانسان لەگەڵ بنێرە بۆ ئەو زەویە کە باوك‌و باپیرەیان لەوێدا بوەو مەیان کە بە سوخرە بۆ ئیش‌و کاری نابارو زەحمەت .

★ (قالَ : إنْ كُنْتَ جِئْتَ بِآيَةٍ فَأْتِ بِها إنْ كُنْتَ مِنَ الصّادِقِينَ) ★ (١٠٦)

فیرعەون وتی : ئەگەر راست ئەکەیت‌و موعجیزەت هێناوە دەی ئاشکرای بکەو بۆمانی دەربخە .

★ (فأَلقى عَصاهُ فَإذا هِيَ ثُعْبانٌ مُبِينٌ) ★ (١٠٧)

جا حەزرەتی موسا کوتوپڕ عاساکەی فڕەدا بۆ سەر زەویەکە تەماشایان کرد بوو بە مارێکی زلی نابار .

★ (ونَزَعَ يَدَهُ فإذا هِيَ بَيْضاءُ لِلنّاظِرِينَ) ★ (١٠٨)

وە دەستی لە باخەڵی دەرهێنا دەرکەوت سپی بوو پڕتەوی ئەدا بۆ ئەوانە کە تەماشایان ئەکرد ، ئەڵێن پڕتەوی ئەو دەستەی وەکو پڕتەوی چرای رووناك شەوقی ئەدایەوە .

★ (قالَ المَلأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ : إنَّ هذا لَساحِرٌ عَلِيمٌ) ★ (١٠٩) :

وە ئەم کاتەدا کۆمەڵێ لەگەڵی فیرعەون وتیان : بە راستی ئەم موسا جادوو گەرێکە زانا لە پیشەی جادوبازیدا •

★ (یُرِیدُ اَنْ یُخْرِجَکُمْ مِنْ اَرْضِکُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ؟) ★ (١١٠)

ئەیەوێ بە هێزی جادوو ئێوە دەربکا لە زەوی‌و خاکی خۆتان جا فەرمانتان چیەو چۆن چاری بکەین ؟

★ (قَالُوا : اَرْجِهْ وَاَخَاهُ وَاَرْسِلْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ) ★ (١١١)

ئەو کۆمەڵە خاوەن راو تەگبیرە وتیان بە فیرعەون : ئەم زاتەو براکەی کە هاروونە ئیشەکەیان دوا بخە هەتا ماودیی‌و چەن مەئموورێ بنێرە کە جادووگەرەکان گرد بکەنەوەو بیانهێنن بۆ لات •

★ (یَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ) ★ (١١٢)

هەتا هەر جادووگەرێ کە زانایە لە فەنی جادووگەریدا بیانهێنن بۆ لات •

★ (وَجَاءَ السَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوا : إِنَّ لَنَا لَاَجْراً إِنْ كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ) ★ (١١٣)

وە جادووگەرەکان هاتن بۆ لای فیرعەون‌و پێیان وت : ئایا بەش‌و بەراتێکمان ئەبێ ئەگەر ئێمە سەرکەوین بەسەر موساو براکەیا ؟

★ (قَالَ : نَعَمْ وَإِنَّكُمْ لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ) ★ (١١٤)

ئەویش وتی : بەڵێ بەش‌و بارەتان ئەبێ‌و ئێوە لە نزیکان‌و سەربەرزانی بارەگا ئەبن •

★ (قَالُوا : يَا مُوسَى إِمَّا اَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا اَنْ نَكُونَ نَحْنُ الْمُلْقِينَ) ★ (١١٥)

وتیان : ئەی موسا تۆ لە پێشا ئەسبابی خۆت فڕێ بدە یاخود ئێمە لە پێشا ئەسبابی خۆمان فڕێ ئەدەین ئەی نوێنین •

★ (قال : اَلْقوا) ★ :

موسا فەرمووی : ئێوە لە پێشا ئەسبابی خۆتان بنوێنن •

★ (فلَمَّا اَلْقَوْا سَحَرُوا اَعْيُنَ النَّاسِ واسْتَرْهَبوهُمْ وجاؤُا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ) ★ (١١٦)

جا کاتێ جادووگەرەکان ئەسبابی جادووی خۆیان دەرخست چاوی خەڵکەکەیان هەڵسووڕاند بۆ لای خۆیانو جادوویەکی وایان کرد کە خەڵکەکە هەر تەماشای ئەویان ئەکردو ترسیان لێ نیشت •

ریوایەت کراوە ئەو جادووگەرانە چەن گوریسێکی گەورەو درێژیان فڕەداو چەن دارێکی درێژیان هێنایە مەیدانەوە هەموو لەبەر چاوی خەڵکەکەدا بوون بە ماری گەورە گەورەی وەها کە ئینسان لێیان بترسێو لەبەریان هەڵبێ •

★ (واَوْحَيْنا إلى موسى اَنْ اَلْقِ عَصاكَ فاِذا هِيَ تَلْقَفُ ما يَأْفِكونَ) ★ (١١٧)

وە ئێمە وەحیمان نارد بۆ موسا کە عاساکەت فڕە بدە ئەویش فڕەی دا کەچی کوتوپڕ بوو بە مارێکی گەورەی وەها کە هەموو درۆو دەلەسەکەی ئەوانی پێچایەوەو قووتی دان •

★ (فوَقَعَ اْلحَقُّ وبَطَلَ ما كانُوا يَعْمَلونَ) ★ (١١٨)

جا حەقو راستی دەرکەوتو ئەوەی ئەوان کردبوویان پووچ بووە •

★ (فغُلِبُوا هُنالِكَ وانْقَلَبُوا صاغِرِينَ) ★ (١١٩)

جا جادووگەرەکان ژێرکەوتنو سەرکزو داماو بوون •

★ (واُلْقِيَ السَّحَرَةُ ساجِدِينَ (١٢٠) قالوا : آمَنَّا بِرَبِّ العَالَمِينَ (١٢١) رَبِّ موسى وهرونَ) ★ (١٢٢)

وە جادووگەرەکان لەپەڕوو کەوتنو کڕنووشیان بردو وتیان : ئیمانمان هێنا بە پەروەردگاری عالەم ئەو پەروەردگاری عالەمە کە پەروەردگاری موسای کوڕی عیمرانو هاروونی برایەتی •

★ (قالَ فِرْعونُ : آمَنْتُمْ بِهِ قَبْلَ اَنْ آذَنَ لَكُمْ ؟!) ★
فیرعەون وتی : ئیماتان هێنا بە خودای موسا لە پێش ئەوەدا خەبەرتان پێ بدەم ؟

★ (إنَّ هذا لَمَكْرٌ مَكَرْتُموهُ في المَدينَةِ لِتُخْرِجوا مِنْها اَهْلَها فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ !) ★ (١٢٣)

بە راستی ئەم فرەدانی جادووەو ئەم ئیتاعەو ملڕاکێشانە بۆ موسا فێڵێ بو بە تەگبیری هەموو لایەکتان بۆ ئەوە زاڵ بین بە سەر ئێمەداو ئەهلی ئەم شارە دەرکەن . جا لەمەولا تۆڵەی ئەم فرو فێڵە ئەزانن !

★ (لاُقَطِّعَنَّ اَيْدِيَكُمْ واَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلافٍ ثُمَّ لاُصَلِّبَنَّكُمْ اَجْمَعِينَ) ★ (١٢٤)

وەڵڵاهی دەستو پێتان راستو چەپ ئەبڕم لە پاش ئەوە هەڵتان ئەواسم هەتا عالەم تەماشای ئەو قەوارەتانە بکاو ببن بە عیبرەت بۆیان .

★ (قالوا : إنَّا إلى رَبِّنا مُنْقَلِبونَ) ★ (١٢٥)

وتیان : ئەم جۆرە سزا قیسەتی نیە ; چونکی ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێمە بسرین . وە بە هۆی مردنەوە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودای خۆمانو ئەگەین بە بارەی رەزامەندی ئەو کە لە هەموو نیعمەتێ گەورەترە .

★ (وما تَنْقِمُ مِنَّا إلاَّ اَنْ آمَنَّا بِآياتِ رَبِّنا لَمَّا جاءَتْنا) ★

بەوەشدا ئەزانین کە ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودا ; چونکی ئەزانین کە تۆ هیچ شتێ ناکەی بە هۆی عەیبەو رقت لە ئێمە نیە ئەوە نەبێ کە ئێمە ئیمانمان هێناوە بە موعجیزاتی خودای خۆمان کاتێ هاتە پێش چاومان . جا دوای ئەوە کە بۆیان دەرکەوت فرمان دەرچوە لەسەر سزایان بە پاڕانەوەوە وتیان :

★ (ربَّنا اَفْرِغْ عَلَيْنا صَبْراً وتَوَفَّنا مُسْلِمِينَ) ★ (١٢٦)

خودایە صەبر بڕژێنە بەسەر دڵانا وەکو ئاوێکی ساردی ساف ئەڕژێنی بەسەر لەشێکدا پێویستی ئاو بێو گیانەکەمان لێ وەربگرەوە بە

موسولمانی • جا لە بازە ریوایەتێکا ئەڵێ ئەو ئەمرە تەنفیز کرا لە سەریانو شەهید کران ، وە لـە بازە ریوایەتێکا ئەڵێ دواخـرا هەتاکو فیرعەونو کۆمەڵەکەی خنکانو ئەوانیش رزگار بوون •

★ (وقالَ المَلأُ مِنْ قَوْمِ فِرْعَوْنَ : اَتَذَرُ موسى وقَوْمَهُ لِيُفْسِدوا في الاَرْضِ ويَذَرَكَ وآلِهَتَكَ ؟) ★

وە کۆمەڵی پیاوموناسبی فیرعەون وتیان بە فیرعەون : ئایا تۆ موساو گەلەکەی واز لێ دێنی هـەتا ئەوان بیرو باوەڕی خەڵك تێکبدەنو خراپە بخەنە وڵاتەوەو دینی موسا وەربگرنو واز لە خوداکانی تۆ بێنن ؟

★ (قـال : سَنُقَتِّلُ اَبْناءَهُمْ ونَسْتَحيي نِساءَهُمْ وإنّـا فَوْقَهُمْ قاهِرونَ) ★ (١٢٧)

ئەوبش بە ملهوڕیەوە جوابی دانەوەو وتی : ئەمانە چینو چییان پێ ئەکرێ ؛ لەمەولایش وەکو لەمەوپێش هەر منداڵێکی نێرینەیان بێ سەری ئەبڕین هەرچی مێینەیان بێ ئەیهێڵینەوە بۆ کارەکەریو ئێمە دەسەڵاتدارین بەسەریانا •

★ (قـالَ موسى لِقَـوْمِهِ : اسْتَعينوا بِاللهِ واصْبِروا إنَّ الاَرْضَ لِلهِ يورِثُهـا مَنْ يَشـاءُ مِنْ عِبـادِهِ والْعاقِبَـةُ لِلمُتَّقينَ) ★ (١٢٨)

کانێ بەنی ئیسرائیل قسەی فیرعەونیان بیست زۆر ترسیان لێ نیشت جا حەزرەتی موسا بۆ ئەوە دڵیان قایم بکا فەرمووی : داوای یارمەتی لە خودا بکەنو خۆتان بگرن لەبەر هەڕەشەی ئەو کافرەداو قسەو هەڕەشەکانی بە گرنگ مەگرن ؛ چونکی زەوی موڵکی خودایە بـە هەرکەسێ خواستی بێ ئەیداو ئەنجامی پیرۆز بۆ ئەوانەیە کە خاوەن تەقواو طاعەتن ، جا لە پاشەڕۆژا بۆ هەموو کەسێو لە دنیادا بۆ ئەوانە کە خودا خواستی لەسەر سەرکەوتنیان بێ •

★ (قَالوا : اُوذِينا مِنْ قَبْلِ اَن تَأْتِيَنا ومِنْ بَعْدِ ما جِئْتَنا) ★

جا بەنی ئیسرائیلیەکان وتیان بە موسا : ئێمە گەلێ ئازارو ئەزیەتمان دراوە لە پێش ئەوەدا کە تۆ بێیت بۆ لامانو پاش ئەوەیش کە هاتی •

★ (قالَ : عَسى رَبُّكُمْ اَنْ يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ ويَسْتَخْلِفَكُمْ في الاَرْضِ فَيَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلونَ) ★ (١٢٩)

حەزرەتی موسا لەبەر ئەوە کە دڵی قایم بو بە یارمەتی خودا فەرمووی بە گەلەکەی : رجا وایە کە خودا دوژمنەکانتان لە ناو بباو ئێوە بکا بە فەرمانداری وڵات لە باتی ئەوان ، جا ئەمجار تەماشا ئەکا ئێوە کردەوەتان چۆن ئەبێ . ئایا بو سوپاسی ئەو خودایە کە ئێوەی رزگار کرد لە ستەمکارەکان کردەوەتان باش ئەبێ ؟ یاخود هەم ئەکەونەوە شوێن شەیتانی شوومو بەدبەختو سەرگەردان ئەبن ؟

★ (ولَقَدْ اَخَذْنا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ ونَقْصٍ مِنَ الثَّمَراتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرونَ) ★ (١٣٠)

وە بە راستی لەسەر ئەم نامەردیو کوفرو ئینکاری رەهبەرو ئازاردانی بەنیئیسرائیلە دەستەو بەستەی فیرعەونمان دووچاری گرانیو قاتیو کەمو کووڕی لە پیتو بارەی کشتوکاڵو باخاتا کردن بەڵکو بیر بکەنەوە کە ئەم وەزعە لەسەر بەدکرداری خۆیانەو بیر بکەنەوە لە خوداناسیو ناسینی حوقووقی ئادەمیزادا ، کەچی رۆژ بە رۆژ خراپتر ئەبوون •

★ (فاِذا جاءَتْهُمُ الحَسَنَةُ قالوا : لَنا هذِهِ وإنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا بِموسى ومَنْ مَعَهُ) ★

ئەوەندە بێ شوعوور بوون هەر کاتێ چاکەیێ رووی تێبکردایەن ئەیانوت : ئەمە حەقی خۆمانەو ئێمە گەلی سەرۆکی سەرزەوین • وە ئەگەر جارێ خراپەیێ رووی تێبکردایەن وەکو گرانیو ناساغی تەشائومیان بە

موساو دەستەی موسا ئەکردو ئەیانوت : ئەم بەلایانە لە نەگبەتی ئەوانەوەیە •

★ (الا إنَّمـا طـائِرُهُمْ عِنْـد اللهِ ولكِـنَّ اَكْثَـرهُمْ لا يَعْلَمونَ) ★ (١٣١)

بێدارەوە بن هۆی نەگبەتی ئەوانە تاوانو گوناحێکەکەوان لە لای خوداو دەفتەری خوداداو لە کردەوەکانیانا نووسراوە ، ئیتر نە مووساو دەستەی مووسایە ؛ چونکی رەهبەرەکان ئیشیان بانگکردنی ئادەمیزادە بۆ بیرو باوەڕی راستو بۆ کردەوەی چاكو ئەمانە هۆی پیرۆزیو بەختیارین •

★ (وقالوا : مَهْما تَاتِنا بِهِ مِنْ آيَةٍ لِتَسْحرَنا بِها فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنينَ) ★ (١٣٢)

وە لە باتی ئەوە ئەم کارەساتە نابارانە بین بە هۆی عیبرەتوەرگرتنو گەڕانەوە لە گومڕاهی بۆ ئیمان ئەو قیبطییانە بە جەسارەتەوە روویان ئەکردە موساو پێیان ئەوت : تۆ بزانە هەر ئایەتیو هەر موعجیزەییو هەر دەردێ لە تۆوە دەربکەوێ بەرابەر بە ئێمەو بتەوێ کە ئێمە رام بکەیو دڵمان هەڵسووڕێنی بە لای خۆتا ئێمە لەوانە نین کە ئیمان بێنین بە تۆو بە ئایینی تۆو لە وەزعی خۆمان دەرچین •

★ (فاَرْسَلْنا علَيْهِمُ الطّوفانَ والجَرادَ والقُمَّلَ والضَّفادِعَ والدَّمَ آياتٍ مفَصَّلاتٍ) ★

ئێمەیش بۆ سزای ئەوانو بۆ بەرانبەری سەرکێشیەکەیان هێرشی ئاومان ناردە سەر خانوەکانیانو کوللەمان نارد بۆ سەر کشتو کاڵیانو سپێمان نارد بۆ سەر لەشی خۆیانو حەیوانەکانیانو بۆقمان نارد بۆ سەر کاسەو کەوێلیانو خوێنمان زاڵکرد بەسەر دەماخیانا کە بە زۆری خوێنی لووتیان بەرئەبوو • کە ئەمانە چەن شتێکی دیاریو ماوەدار بوون •

★ (فاسْتَكْبَروا وكانوا قَوْما مُجْرِمينَ) ★ (١٣٣)

کەچی هەر فێزیان کرد لە فەرمانی خوداو خۆیان بە گەلێکی تاوانبار نیشانداو لە واقیعا بە دەوام کۆمەڵێکی سەرسەختو بەدبەختو تاوانبارو ناهەموار بوون •

★ (وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُوا : يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِنْدَكَ لَئِنْ كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَائِيلَ) ★ (١٣٤)

وە لە هەر کاتێکدا سزایەکی خودا داگیری ئەکردنو ئەکەوتنە ناو بەڵاوە ئەهاتن پەنایان ئەبرد بە موساو ـ د ـ ئەیانوت : ئەی موسا بپاڕێرەوە بۆمان لای خودای خۆت بەو شێوە کە مەعلوومە لە لای تۆ ، واتە بەو ناوانی خودا کە لە کاتی پاڕانەوەدا بە زمانتا دێن ، یا بەو شێوە کە لە پێش دۆعاکەو لە کاتی دۆعاکەدا ئەیکەی • وەکو رۆژوگرتن لە پێشاو دانیشتن بە ئەدەب ••• وەڵلا ئەگەر ئەم سزامان لێ دوور بخەیتەوە ئیمانت پێ دێنینو کۆمەلی بەنی ئیسرائیل بەرەڵا ئەکەین لەگەڵتا بێن بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆتان •

★ (فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُمْ بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنْكُثُونَ) ★ (١٣٥)

جا لە کاتێکدا ئەو سزامان تا ماوەیەکی دیاری لەسەر لائەبردن ئیتر بە گورجی ئەو سوێندو ئادو پەیمانەیان ئەشکاند •

★ (فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ) ★ (١٣٦)

ئێمەیش لەسەر بڕیاری خۆمان تۆڵەمان لێ سەندنو ئەو گەلەمان لە نیلدا خنکاند بە هۆی ئەوەوە کە ئینکاری ئایاتی خودایان کرد •

★ (وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا) ★

وە لـە پاش ئەوە کـە فیرعەون‌و دەستەو بەستەکەی لە ئاوی نیلدا خنکان‌و هێزی پاشایی پشتی شکا هێشتمانەوە بۆ گەلی بەنی ئیسرائیل کە بە بێچارەو ناتەوان دائەنران لە لای فیرعەون‌و دەستەکەیا خۆرهەلاتەکان‌و خۆرنشینەکان لـەو زەویەدا کـە پیرۆزی‌و بەش‌و بارەمان تێدا داناوە لـە کشت‌وکاڵی چەن جۆرو لـە باخ‌و بێستانی رەنگامەو لـە هەوای میانەو تەماشاگای جوان کە بریتیە لە سنووری وڵاتی میصر هەتا ئاخری وڵاتی شام یانی مابەینی نیل‌و فورات • واتە کە هێزی فیرعەون‌و سوپاکەی شکان‌و بازاڕیان نەما ئەو وڵاتەمان هێشتەوە بۆ بەنی ئیسرائیلەکان کە بە درێژایی رۆژگار بە بازووی کارکردن‌و تێکۆشین داگیری بکەن‌و بە ئازادی تیایا بژین •

بزانن ! حەقیقەتی تەفسـیری ئەم ئایەتە گـەلێ گرنگەو دیقەتی دڵ رائەکێشـێ : چونکی زاهـیری ئایـەتی (واورثنـا القـوم الذین کـانوا یستضعفون •••)و هەروا زاهیری ئایەتی (فأراد ان یستفزهم من الارض فأغرقناه •••) هەتا ئایەتی (وقلنـا لبني اسرائیل اسکنوا الارض) لـە سوورەی ئیسراء ئایـەتی ١٠٣و زاهیری ئایـەتی (فاخرجناهم من جنات وعیون وکنوز ومقام کریم کذلك واورثناها بنی اسرائیل) ئایەتی پەنجاو نۆی سوورەتی شوعەراء ••• دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە لە پاش ئەوە فیرعەون‌و ئەو سوپایە لەگەڵیا بوو هەموو لە (نیل)دا غەرق بوون حەزرەتی موساو بەنی ئیسرائیل لە میصردا مانەوە ؛ چونکی هەردوو بەری روباری نیل هەر میصرەو ئاوەدانی نیە • وە زیاد لەوە بە عادەت قەرەباڵغی بەنی ئیسرائیل لەگەڵ موسادا لە ترسی فیرعەون لە میصر دەرچوون‌و بە ئەمری خودا لە ئاوی نیل رزگار بوون ، وە مادام خودا دوژمنەکەیانی خنکاند خۆی‌و سوپاکەی ئیتر ئەبێ کێ مەنعی موساو بەنی ئیسرائیل بکا لە مانەوە لەو وڵاتەدا ؟

وە لە تەفسیری (منار)دا ئەڵێ : لە بازێ مێژووی کۆنی میصردا عیبارەتی وا هەیە کە دەلالەت ئەکا لەسەر راستی قسەی بازێ لە موفەسیرەکانی ئێمە کە فەرموویەتی لە پاش غەرقی فیرعەون‌و سوپاکەی حەزرەتی موسا میصری داگیرکردو خۆی‌و بەنی ئیسرائیلیەکان ماوەیێ لەوێ خاوەنی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوا بوون • وە لە بازێ نووسراوی بێگانەدا هەیە کە حەزرەتی موسا سیازدە ساڵ لە میصردا فەرمانڕەوا بوو ، پاش ئەم ماوەیە قیبطیەکان بە یارمەتی وڵاتی حەبەشە هاتنە سەر موساو بەنی ئیسرائیل‌و لە شاری میصری دوور خستنەوە ؛ چونکی بەرهەڵستی قیبطیەکانی پێ نەدەکرا • وە ئەم بەیانە خیلافی ئەوەیە کە مەشهوورە یانی کە موساو بەنی ئیسرائیل لە میصر دەرچوون‌و بەرەو وڵاتی فەلەستین بۆ خۆرهەڵات بەرێ‌کەوتن هەتا گەیشتنە وڵاتێ کە بتپەرست بوون ، کاتێ ئەو گەلەیان دی داوای بتیان لە موسا کرد •

★ (ودَمَّرْنا ما كانَ يَصْنَعُ فِرعونُ وقَومُهُ وما كانوا يَعْرِشُونَ) ★ (١٣٧)

وە لە پاش خنکاندنی فیرعەون‌و دەستەکەی‌و نەمانی هێزی فەرمانیان ئەوەی کە فیرعەون‌و دەستەکەی دروستیان کردبو هەموومان وێران کردو هەر باخێ دایان‌نابو وە یا هەر قەسرێ کە بەرزکرابووەوە هەموومان رووخاندو وێرانسان کردن •

★ (وجاوَزْنا بِبَني إسرائيلَ البَحْرَ فأتَوْا على قَومٍ يَعْكُفُونَ على أصْنامٍ لهُمْ ؛ قالوا : يا موسى اجْعَلْ لَنا إلهاً كما لَهُمْ آلِهَةٌ ! قالَ : إنَّكُمْ قومٌ تَجْهَلُونَ) ★ (١٣٨)

پاش غەرقکردنی فیرعەون‌و دەستەکەی لەسەر ئەو ئەمری هیجرەتە کە دابوومان بە موسا •• بەنی ئیسرائیلیەکانسان دوورخستەوە لە روباری نیل‌و بەڕێم کردن تا گەیشتن بە گەلێ کە دامەزرابوون لەسەر وڵاتی خۆیان‌و

نیشتەجێ بوونو پەرستیاری چەن بتێ بوون کە خۆیان دایان نابوون ، وە لەوێدا بەنی ئیسرائیلیەکان ـ واتە بازێ لە نەفامەکانیان ـ وتیان : ئەی موسا تۆیش بتێ بۆ ئێمە قەرار بدە پەرستیاری بکەین وەکو چۆن ئەم گەلە بتپەرستە چەن خودایەکی بتیان هەیە ، ئەویش بە زویری جوابی دانەوە وتی : ئێوە گەلێکن نەزانو بێئاگا لە حەقیقەتی دینو لە مانای خوداپەرستی ئەگەرنا چۆن داوای شتی وا هەڵەتان لە من ئەکرد •

★ (إنَّ هـؤلاءِ مُتَبَّرٌ مـا هُـمْ فِيـهِ وباطِـلٌ مـا كـانـُوا يَعْمَلونَ) ★ (١٣٩)

بە راستی ئەم گەلە بتپەرستە ئەو عیبادەتە ئەوانە پێی مەشغووڵنو دەوام ئەکەن تیایا بێ مایەو پووچەو ئەو کردەوە ئەوان ئەیکەنو ناوی ئەبەن بە بەندەیی بەتاڵو بێ مایەو زایەیە •

★ (قـال : اَغَيْرَ اللهِ اَبْغِيكُمْ إلهـاً وهُـوَ فَضَّلَكُمْ على العالَمينَ ؟) ★ (١٤٠)

وە لە پاش ئەو قسە کە پێی فەرموون فەرمووی : چۆن من رووم هەیەو مۆوەم هەیە کە داوای خودایێ بکەم بۆ ئێوە غەیری خودای عالەم ، وەلحاڵ خودای عالەم ئێوەی گەورە کردوە بەسەر عالەمی زەمانی خۆتانا ؟ جا جوملەی (ان هؤلاء متبر) بەیانی واقیعی حاڵی بتەکانو بتپەرستەکان بو ؛ وە ئەم جوملە یادی نیعمەتە گەورەکانی خودا بو بۆ ئەوە کە بەنی ئیسرائیلیەکان شەرم بیانگرێو قسەی زیاد نەکەن •

★ (وإذْ اَنْجَيْناكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسومونَكُمْ سوءَ الْعَذابِ يُقَتِّلونَ اَبْناءَكُمْ ويَسْتَحْيونَ نِساءَكُمْ وفي ذلِكُمْ بلاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظيمٌ) ★ (١٤١)

وە بیری ئەوە بکەنەوە کە رزگارمان کردن لە دەستەو بەستەی غەداری فیرعەون کە موعامەلەیان لەگەڵ ئەکردن بە خراپو سزایان ئەدان

بە سزای ناهەموار : نەتەوەی نێرینەیان ئەکوشتن‌و نەتەوەی مێینەیان بە زیندوویی ئەهێشتنەوە بۆ کارەکەری‌و بارەبەری‌و لەم رەفتارە ناهەموارەدا بەڵایەکی یەجگار گەورەی تێدا بو بۆ ئێوە •

★ (وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلَاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً) ★

وەعدەمان دا بە موسا ماوەی چل رۆژ خۆی جیابکاتەوە بۆ حوزوورو موراقەبەی خودای تەعالا ماوەی سی (٣٠) رۆژ لەو چلە بۆ رۆژوگرتن بە رۆژاو تاعەت لە شەواو ماوەی چل رۆژەکەمان تەواو کرد بە دە رۆژ بۆ باقی عیبادەت‌و ئەو کاتە خودا بڕیاری دابو بۆ نازڵکردنی تەورات تەواو بو کە بریتی بو لە چل شەو •

★ (وَقَالَ مُوسَى لِأَخِيهِ هَارُونَ : اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ) ★ (١٤٢)

وە حەزرەتی موسا کاتێ رۆیشت بۆ بەجێهێنانی عیبادەتی چل رۆژە فەرمووی بە هارونی برای : لە جێگەی مندا دابنیشەو ئیش‌و کاری دینی‌و دنیایی بەجێ بێنە لە ناو گەلەکەماو با تەربیەتت بە شێوەی خۆم بێ ؛ خۆت بگرەو مدارایان لەگەڵا بکەو مەکەوە شوێن ئارەزووی بەدخوو بەدکارەکان‌و بە قسە ئازاری کەس مەدە •

بزانن ! ئیمامی رازی لە تەفسیری ئایەتی (واذ واعدنا موسی اربعین لیلة) لە سوورەتی (البقرە) دا ئەفەرموێت : خودا بە جارێ وادەی چل رۆژەکەی دا بە موسا بەڵام سی (٣٠) رۆژی بۆ رۆژوو دە رۆژی بۆ عیبادەتی تر وەکو چۆن لە کەفارەتی حەج‌و عومرە بە شێوەی تەمەتوع بۆ ئینسانی نەدارا دە رۆژ رۆژووە جا سێ رۆژی لە ماوەی حەجداو حەوت رۆژی لە کاتی گەیشتنەوە بە وڵاتی خۆی ، ئیتر مەعنای ئایەتی سوورەتی ئەعراف ئەمە نیە کە لە پێشا خودا وەعدەی سی

ڕژۆی داو لـە پاش ئـەوە دە ڕۆژی تری زیاد کرد ؛ چونکی ئەم ئایەتی سوورەتی (البقرە)و جوملەی (فتم میقات ربه اربعین لیلة)ە دەلیلن لەسەر ئەوە کە وەعدەکە بە یەك جار بوە .

وە ئەم وەعدە کە خودا دای بە موساو موسایش دای بە گەلەکەی هەر لە میصردا بوو پێش خنکاندنی فیرعەون ، وە موسا فەرمووی ئەگەر خودا رزگاری کردین لە دەستی فیرعەون ئەڕۆم بۆ موناجات لە لای خوداو کتێبێکتان بۆ دێنم بە کاری هەموو ئادابێکتان بێ ، وە لەسەر ئەو وەعدەیە لە پاش دەرچوونیان لە میصر حەزرەتی موسا ڕۆیشت بۆ موناجاتو سی ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو دە ڕۆژ عیبادەتی تری کـرد تا وەعدەکە تـەواو بوو ئەلواحی وەرگرتو لە لای خوداوە هاتەوە بۆ ناو گەلەکەی .

★ (ولمَّا جاءَ موسى لِميقَاتِنَا وكَلَّمَهُ ربُّهُ قالَ : رَبِّ أَرِنِي أَنْظُرْ إلَيْكَ ! قالَ : لَنْ تَرانِي ولكِنِ انْظُرْ الى الْجَبَلِ فإِنِ اسْتَقَرَّ مَكانَهُ فَسَوْفَ تَرانِي فلمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جعلَهُ دَكّاً وخَرَّ موسى صَعِقاً فلَمَّا أَفاقَ قال : سُبْحانَكَ تُبْتُ إلَيْكَ وأَنا اوَّلُ المُؤْمِنِينَ) ★ (١٤٣)

وە کاتێ موسا ـدـ ڕۆیشتو گەیشت بە تەوفیقی خودا لـە کاتی بڕیاردراوا بەو شوێنە خودا بۆی دیاری کردوەو خودای تەعالا گفتوگۆی لەگەڵا کرد بەو شێوە کە بۆ زاتی بێ وێنەی ئەشێو موسا ئەوەی بیست لە هەموو لایەکەوەو نەفسی حەزرەتی موسا ـدـ هێمن بوەوەو ئولفـەتی گرت بە خوداوە کەوتە دڵیەوە کە وەکو چۆن خودای تەعالا قسەی لەگەڵا کردو ئەمیش بیستی وەها خۆیشی نیشان ئەداو ئەمیش ئەیبینێ . وە عەرزی بارەگای بێ نیازی کرد : پەروەردگارا خۆتم نیشان بدە با بۆت بڕوانم ، وە خودای تەعالا فەرمووی : تۆ بە هیچ شێوەیێ لەم نەشئەدا من نابینی بەڵام ئەمەوێ بۆ ئەوە حاڵی ببی کە نەبینینەکەی تۆ بۆ من لەسەر بێ لوتفی من نیە بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە تۆو وێنەی تۆ لە مادەی مەخلووقاتی ئـەم

جیهانە تاقەتی ئەوەیان نیە . بڕوانە بۆ ئەو کێوە کە مەشهوورە بە (جبل زبیر) کـە من پڕتەوی زاتی خۆمی بۆ ئەنوێنم جا ئەگـەر لەبەر پڕتەوی ئەنواری زاتی مندا ئارامی گرتو مایەوە ئەوە تۆیش لە پاش ئەوە ئەمبینی • جا کاتێ خودا جیلوەی نووری خۆی دا بۆ کێوەکە کردی بـە مادەیەکی هاڕراوی وردو نەرم وەکو سورمەی چاو ، وە لە حاڵی‌بوونی ئەم وەزعە بـە هەیبەتە موسا بێ‌هۆش کـەوت ، وە کاتێ هـاتەوە سەرخۆی وتی : پەروەردگارا گەورەو بێ باکی‌و پاکی لە هاو وێنە ، وا من تەوبەم کرد لە تاوانی داواکردنی تەماشای زاتی تۆ وە هیوای لێ‌بوردنم هەیەو من یەکەم کەسم لـەم ئومەتە کە ئیمان بێنم بەوە کە تۆ لە دنیادا نابینرێیت لەبـەر بێ‌تاقەتی‌و ناتەوانی ئێمە •

★ (قَالَ : يا موسى إنّي اصْطَفَيْتُكَ على النّاسِ بِرِسالاتي وبِكَلامي) ★

خودا فەرمووی : ئەی موسا بە ڕاستی من تۆم هەڵبژاردو ئیختیارم کردی بەسـەر غـەیری خۆتا بە ناردنی تەورات بۆت‌و بەوە کـە بە بێ واسیتەی وەحی قسەت لەگەڵدا بکەم •

★ (فَخُذْ ما آتَيْتُكَ وكُنْ مِنَ الشّاكِرِينَ) ★ (١٤٤)

دەی وەربگرە ئەوەی کە من پێت‌ئەدەم وە لەوانە بـە کە سوپاسی نیعمەتی من ئەکەن •

ریوایەت کراوە : حەزرەتی موسا مانگی (ذي القعده) بەڕۆژوو بوەو دەی ئەووەڵی (ذي الحجه)یش عیبادەتی کـردوە وە لـە ڕۆژی (عەرەفە)دا داوای دیتنی خودای کردو بە پڕتەوی زات بێ‌هۆش کەوت . وە لەو ڕۆژەدا هۆشی بۆ هاتەوە . وە لە ڕۆژی دەهەما خودا ئەلواحی پێدا • بازێ ئەڵێن : ئـەو ئەلواحانە دە لەوح بوونو بازێ ئـەڵێن حەوت لەوح بوون ، وە بازێ ئەڵێن تـەورات هـەر ئەوەیە کـە لەسـەر ئەلواحەکان

نووسراوە ، وە بازێ ئەڵێ تەورات لە پاش وەرگرتنی ئەلواح هاتوونەتە خوار بۆ سەر موسا •

وە من باوەڕم وایە مادام خودای تەعالا تاریفی (ئەلواحی) کردوە بەوە کە تەفسیلی هەموو شتێکیان تێدایە کە تەورات لە ناو ئەلواحەکانا نووسراوە وەکو فەرموویەتی :

★(وكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْعِظَةً وتَفْصِيلاً لِكُلِّ شَيْءٍ) ★

وە نووسیمان بۆ موسا لە ئەلواحا لە بارەی هەموو شتێکەوە لە کاروباری دینو ئایینو دەرزو پەندو ئامۆژگارییەك ، هەروا نووسیمان بۆ موسا روونکردنەوە بۆ هەموو حوکمێ کە رەفتاری پێ بکرێ •

★ (فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا بِأَحْسَنِهَا) ★

ئەی موسا تۆ ئەو ئەلواحە بە هێزی دڵو نیشاطی لەش وەربگرەو ئەمر بکە بە گەلەکەت کە رەفتار بکەن بەو ئەلواحە کامیان کەوا ئیحتیاطی زۆرتر تیایەو دوورترە لە خراپەی نەفسو نزیکترە بۆ راگرتنی یاسای دین •

★ (سَأُرِيكُمْ دَارَ الفَاسِقِينَ) ★ (١٤٥)

لەمەولا خانوو ماوای فاسقە لەدین دەرچوەکانتان نیشان ئەدەم لە قیامەتا • وە یا لە دنیادا راتئەبوێرم بەسەر ماواو جێگایانا هەتا بزانی چۆن وێران بوە •

★ (سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ) ★

لەمەو پاش دووریەخەمەوە لە سوودوەرگرتن لەو دەلیلانە کە لە جیهانا دروستم کردوونو لە وجوودی ئینسانا دامناون ئەو کەسانە کە خۆیان بە گەورە تەماشا ئەکەن بەرابەر بە فەرمانی ئێمە بە ناحەقو ناڕاستی • واتە من لە ئافاقاو لە نفووسدا گەلێ نیشانەم داناون کە دەلالەت

ئەکەن لەسەر بوونی خۆمو لەسەر تەواناییو زانایيم بەسوودن بۆ ئەهلی ماریفەت بەڵام ئەو کەسانە کە بەرابەر بە من دەمار ئەفرۆشنو فیز ئەکەن لەو دەلیلانە بێ بەشو بێ بارەن •

★ (وإنْ يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لا يُؤْمِنُوا بِهَا ، وإنْ يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لا يَتَّخِذُوه سَبِيلاً ، وإنْ يَرَوْا سَبِيلَ الغَيِّ يَتَّخِذُوه سَبِيلاً) ★

وە ئەو خاوەن فیزانە هەموو ئایەتێ ببینن ئیمانی پێ ناهێنن ، وە ئەگەر رێگەی راست ببینن نایکەن بە رێگەی خۆیانو پیادا نارۆن ، وە ئەگەر رێگەی گومرایی ببینن ئەیکەن بە رێگەی خۆیان •

★ (ذلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنا وكانُوا عَنْها غَافِلِينَ) ★ (١٤٦)

ئەم نەگبەتیو بەدبەختییە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیان نەکرد بە ئایەتی ئێمەو هەمیشە غافڵ بوونو دوور بوون لە وەرگرتنی ئەو ئایاتانە •

★ (والَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ولِقَاءِ الآخِرَةِ حَبِطَتْ أعْمَالُهُمْ) ★

وە ئەو کەسانە باوەڕیان بە ئایاتی ئێمە نەکردووەو باوەڕیان نیە بە تۆڵەو پاداشی رۆژی قیامەت ئەوانە کردەوەی چاکەیان لە دنیادا هەمووی بێ قیمەتو پووچەو پاداشی چاکەی نابێ لە قیامەتا •

★ (هَلْ يُجْزَوْنَ إلاَّ ما كانُوا يَعْمَلُونَ ؟) ★ (١٤٧)

ئایا ئەو ئادەمیزادانە جەزایان ئەدرێتەوە بە غەیری ئەوەی کە کردوویانەو ئەیکەن ؟ نەخەیر ، واتە لە بێ سوودی کردەوەیاندا هەر لۆمەو سەرزەنشی خۆیان ئەکرێ ؛ چونکی خۆیان وایان بە خۆیان کرد •

★ (واتَّخَذَ قَوْمُ موسی مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلاً جَسَداً لهُ خُوارٌ ألَمْ يَرَوْا أنَّهُ لا يُكَلِّمُهُمْ ولا يَهْدِيهِمْ سَبِيلاً ؟) ★

پاش ئەوە کە موسا ـد ـ رۆیشت بۆ میقات ، لەسەر راوێژو تەگبیری (سامری) لەو خشڵو زێڕە کـە بوویان گوێرەکەیەکیان دارِشت ، ئـەو گوێرەکە کە دایانڕشت لەشێ بوو دەنگو قوڕەی لێ پەیدا ئەبو وەکو گوێرەکەی راستەقینە ، جا خودا عیتابیان لێ ئەگرێو ئەفەرموێ : ئایا نابینن ئـەم گوێرەکە مادەیەکی بێدەنگەو قسەیان لەگەڵدا ناکاو ناتوانێ شارەزایان بکا بۆ رێگایێ کە سوودی تێدابێو ئەفەرموێت :

زۆر مایەی زیانو خەسارەتە بۆ ئەوانە ئەم کردەوە ناباریان کرد •

★ (إتَّخَذُوه وكانُوا ظَالِمِينَ) ★ (١٤٨)

ئـەو قەومی موسا ئەم گوێرەکەیانە هێنایە مەیدانی پەرستنەوەو لـە واقیعدا ستەمکار بوون بەرابەر بە خۆیان •

ریوایەتکراوە : کە بەنی ئیسرائیلیەکان جەژنێکیان بو لەو جەژنەدا خۆیان ئەرازانەوە بە زێڕو زیو . لەو جەژنەدا گەلێ خشڵیان بە خواستەمەنی وەرگرتبو لە قیبطیەکان ، کاتێ بە ئەمری خودا دەرچوون لە میصرو لـە ئاوی نیل پەڕینەوەو فیرعەونو سوپاکەی خنکان ئەو خشڵە لە لای بەنی ئیسرائیلیەکان مایـەوە . کاتێ حەزرەتی موسـا رۆیشت بۆ بەجێهینـانی (میقات) واتە عیبادەتی چل رۆژە سامیری ناو کە ئینسانێکی نامەردو منافق بو فرسەتی هێنا رۆیشت وتی بە قەومەکە : من ئەتوانم بتێ دروست بکەم بۆتان کە وەکو بتی ئەو قەومە وابێ رابوردن بەسەریانا ، ئێوە بێن ئـەو خشڵی قیبطیانەم بۆ بێنن ، ئەوانیش خشڵەکەیان هێناو سامیری زەڕەنگەر بو چو قاڵبێکی دروست کرد بۆ هەیکەلی گوێرەکەو ئەو خشڵەی تواندەوەو رژاندیە ناو قاڵبەکەوە تا هەیکەلی گوێرەکەیەکی لێ پەیدا بوو ، وە لـە

رێگەدا کاتێ کە لە میصر دەرچوون سوارێکی ئەبینی لە پێش دەمی موساوە کە لە کاتی هەنگاودانانی ئەسپەکەیا ژێری پێکانی سەوز ئەبوون ئەویش زۆری بە لاوە عاجباتی بو وە تێگەیی کە ئەو خۆڵی ژێر پێی ئەسپە نهێنیەکی تێدایە . وە بازێ لەو خۆڵەی هەڵگرتو لای خۆی هێشتیەوە ، وە لەو کاتەدا کە ئەو گوێرەکەیە بە قاڵب داڕشت بازێ لەو خۆڵەی کردە ناو دەمی ئەو گوێرەکەوەو بە قودرەتی خودا گوێرەکە قاڵبەکە گیانی هات بە بەراو بوو بە گوێرەکەیەکی راستەقینەو ئەیقوڕاند ، وەکو لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت : (لەخوار) •

وە بازێ لە موفەسیران ئەڵێن : ئەو هەیکەلە هەر بێ گیان بو بەڵام سامیری وەهای دروست کردبو کە لە بازێ کاتدا بە هێز بایێ ئەهاتە ناو دەمی ئەو گوێرەکەوە دەنگێکی لێ ئەهات وەکو قوڕەی گوێرەکە •

بە هەر حاڵ فیتنەکەی خستە ناو بەنی ئیسرائیلیەکانەوە جا پاش ئەوە کە هۆشیارەکان حاڵی بوون ئەمە وەزعێکی موخالیفی حەقەو گیرۆدە بوون بە گوناح پەشیمان بوونەوە وەکو ئەفەرموێت :

★ (ولَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ ورَأَوْا أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا) ★

وە لە کاتێکدا پەشیمان بوونەوەو بۆیان دەرکەوت کە گومڕا بوون •

★ (قالُوا : لَئِنْ لَمْ يَرْحَمْنا رَبُّنا ويَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الخَاسِرِينَ) ★ (١٤٩)

وتیان : وەڵڵاهی ئەگەر خودا رەحمان پێ نەکا بەوە کە کتێبەکەمان بۆ بنێرێو تاوانی گوێرەکەپەرستیمان نەبەخشێ لەوانە ئەبین کە زیانکارو حەسارەت بارن •

★ (ولَمَّا رَجَعَ مُوسى إلى قَوْمِهِ غَضْبانَ أَسِفاً) ★ :

جا کاتێ حەزرەتی موسا لە کێوی طوور گەڕایەوە بە غەمباری بۆ لای قەومەکەی ؛ چونکی هەر لە میقاتا بو خودای تەعالا خەبەری پێدا کە قەومەکەت دەستیان کردوە بە گوێرەکە پەرستی ٠

★ (قال : بِئْسَما خَلَفْتُمُوني مِنْ بَعْدي ! اَعَجِلْتُم اَمْرَ رَبِّكُمْ ؟) ★

موسا وتی : جێگرێکی خراپ بوونو کارێکی زۆر ناشیرینتان کرد کە من دیار نەبووم ! ئایا تەرکی وەعدەی خودای خۆتان کردو ئەو وەعدەیە کە درابو پێتان بۆ مانەوەی چل رۆژی من لە میقاتاو خودا گرتنی ، ئێوە لەسەر یاساو شێوەی خۆتان لەسەر ئایینی خۆتان لە شوێنی خۆتانا بۆچی وا خۆتان بەدبەخت کردو دڵی منتان بریندار.کرد ؟

★ (واَلْقَى الاَلْواحَ) ★

وە ئەو لەوحانە کە خودا دابوونی پێیو ئادابی دینیان تێدابو بە عاجزیەوە پەرتی کردن نەك وەها بیانشکێنێ ، وەکو ئەوە ئەیگێڕنەوە بە بێ تەحقیق ، حاشا کە رەهبەران ئایینو عەلاقەی ئایین بشکێنن ، وە نەك بە بێ ئەدەبی صەد حاشا کە پێغەمەران شێوەی بێ ئەدەبی بنوێنن ، بەڵکو بە زویریو دڵگرانیو پەرێشانی لەبەر نەزانیو نەفامی گەلەکەی کە بە فیتنەی سامیری خەڵەتان ٠

★ (واَخَذَ بِرَأْسِ اَخِيهِ يَجُرُّهُ إلَيْهِ) ★

وە سەری هاروونی برای گرتو بە هێز رای‌کێشا بۆ لای خۆی لەسەر یاسای ئادەمیزادی بەحورمەت کە لەسەر پەیدابوونی‌کاری ناهەموار لە براو کەسی خۆی توورە ئەبێ ٠

★ (قالَ : ابْنَ اُمَّ إنَّ القَوْمَ اسْتَضْعَفوني وكادُوا يَقْتُلونَني) ★

هاروون عەرزی کرد : ئـەی کوڕی دایکم من لەسـەر فەرمانی تۆ چاودێریم کردنو مەنعم کردن لەوە کە شوێن بیرو باوەڕی سامیری بکەون بەڵام ئەو گەلە چەقاوەسوە موبالاتیان بە قسەی من نەکردو پاپاییان بە هاناو هاواری من نەبوو بـە بێکەسو بێ دەسیان زانیمو بە هۆی کێشە کێشی منـەوە نزیك بو دەستم بۆ رادەنو بمکوژنو من لەبـەر ناتـەوانی خۆم دەستبەرداریان بووم •

★ (فَـلا تُشْمِتْ بِيَ الاَعْداءَ ولا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) ★ (١٥٠)

ئیتر تۆ کارێکی وەهـا مەکـە بـە من کـە دوژمن حەزی لێ بکاو دوژمنەکانم پێ شادکام مەکەو لـە رزی ستەمکارانو زۆردارانا حسێبم مەکـە •

★ (قَـالَ : ربِّ اغْفِرْ لي ولاَخِي واَدْخِلْنا في رَحْمَتِكَ واَنْتَ ارْحَمُ الرَّاحِمِينَ) ★ (١٥١)

جا کاتێ کە حەزرەتی موسا ـدـ لە وەزعەکە حاڵی بو گەڕایەوە بۆ سەر یاسای عادەتیو لـە خودا پاڕایەوە فەرمووی : پەروەردگارا خۆت ئەزانی من لە میقاتا بووم لە حوزووری تۆداو هاروونی برایشم بە قـەی تەواناى خۆی هـەوڵی لەگـەڵ گەلەکەدا داوەو ئـەوان موبالاتیـان پێ نەکردوە ، دەی خودایە تاوانی من ببەخشە لـەو سەر راکێشانی هاروونی برامەداو تاوانی ئەویش ببەخشە ئەگەر کەمو کووڕیەکی بووبێ لە چاودێری ئـەوانا •

وەبمانخەرە ناو بارەگای میهرەبانی خۆتەوەو تۆ لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری •

★ (إنَّ الَّذينَ اتَّخَـذُوا العِجْلَ سَيَنالُهُمْ غَضَبٌ مِنْ رَبِّهِمْ وذِلَّةٌ في الحيوةِ الدُّنْيا) ★

ئەو کەسانە کە گوێرەکەکەیان دروستکردو یارمەتی سامیرییان دا لە قاڵبڕێژیداو کەوتنە شوێنی لە پەرستنیا بە راستی بەم زوانە قاری خودایان پێ ئەگا بەوە کە تۆبەیان کوشتنی خۆیانەو سووکی رسواییان تووش ئەبێ لە ژینی مووەقەتیانا •

★ (وكذلِكَ نَجْزِي المُفْتَرِينَ) ★ (١٥٢)

وە هەر بەم جۆرە جەزایە جەزای ئەوانە ئەدەینەوە کە درۆ بە دەم دینەوە ئەکەنو ئایینی راست ئەگۆڕنو خەڵکی گومڕا ئەکەن •

★ (والَّذينَ عمِلوا السَّيِّئاتِ ثُمَّ تَابُوا مِنْ بَعْدِها وآمَنُوا إنَّ ربَّكَ مِنْ بَعْدِها لَغَفور" رَحِيم") ★ (١٥٣)

وە ئەو کەسانەیش کە بە نەفامیو بەدبەختی کردەوەی ناشیرینو ناپەسەندی خراپ ئەکەنو لە پاشان تۆبە ئەکەنو ئیمان دێنن بە خودای خۆیانو ئەکەونە شوێنی رەهبەری ئەمین بە راستی خودا لە پاش ئەو تەوبەو ئیمانە ناوانبەخشو میهرەبانە •

★ (ولَمَّا سَكَتَ عنْ موسى الغَضَبُ اَخَذَ الاَلْواحَ) ★

وە کاتێ کە قارو قین بێدەنگ بو لە دڵی حەزرەتی موساداو گەڕایەوە بۆ سەر واجبی خۆی کە رێنموویی ئادەمیزادە •• ئەو ئەلواحانە کە لە لایەنی خوداوە هێنابووی هەڵی گرتن • وە زاهیری ئەم جوملەیشە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەلواحەکان بە ساغی ماونەتەوەو نە شکاون •

★ (وفي نُسْخَتِها هُدىً ورَحْمَة" لِلَّذينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبونَ) ★ (١٥٤)

وە لە نووسراوی سەری ئەو (ئەلواحە) لە لایەنی خوداوە ، وە یا لە هەر نوسخەیەکدا لە بەر ئەو ئەلواحە بنووسرێتەوە ، رێنوماییو شارەزاکردنی هۆشیاران بۆ رێگەی پیرۆزی هەردو جیهانو دەرکەوتنی میهرەبانی خودا

هەیە بۆ ئەو کەسانە کە بە دڵ لە خودای خۆیان ئەترسن‌و خۆیان ئەپارێزن لەو بیرو باوەڕانەو لەو کردەوە نابارانە کە خودا قەدەغەی کردوون لێیان •

★ (واختارَ موسى قَومَهُ سَبْعينَ رَجُلاً لِميقاتِنا) ★

جا بە فەرمانی خودا پاش ئەوە تۆزێ ماندووی حەسایەوە حەفتا کەسی هەڵبژارد لە بەنی‌ئیسرائیلیەکان لە هەر لقێ لە نەتەوەکانی یەعفووب ـدـ شەش کەس . جا دوو کەس زیاد بوون لەو ژمارەو (کالب)و (یوشع) لە ناو خەڵکەکەدا بەجێ‌مان . وە لەگەڵ حەفتا کەسەکەدا ڕۆیشت بۆ میقات بۆ عوزرهێنانەوە لە بارەگای خوادا لەسەر تاوانی گوێرەکەپەرستی ؛ کاتێ کە نزیك بوونەوە لە شوێنەکە هەورێ پەیدا بوو ئەوانی داگرت‌و موسا لەوان زۆرتر ڕۆیشتە ناو هەورەکەوەو خودا فەرمایشی لەگەڵا کردو هەموو حەفتا کەسەکە فەرموودەکانی خودایان بیست لە ئەمرو نەهی‌و وەعدو وەعید . کاتێ کە هەورەکە بەرزەوە بوو مەحو بووەوە قەومەکە وتیان بە موسا : بە خوا ئێمە ئیمان ناهێنین بەوەی ئەوە کە قسەی لەگەڵ تۆدا کرد خودا بو هەتا ئێمەیش چاومان پێی نەکەوێ ! موسا زۆر هەوڵی دا کە لەم بیرە وەرگەڕێن سوودی نەبو ؛ لەو کاتەدا تریشقەیێ لە ئاسمانەوە داپەڕی بەسەریاناو هەر حەفتا کەسەکە هەموو مردن‌و حەزرەتی موسا لەم کارەساتە زۆر مات‌و پەرێشان بو •

★ (فلمَّا اَخَذَتهُمُ الرَّجْفَةُ قال : رَبِّ لَو شِئْتَ اَهْلَكْتَهُمْ مِنْ قَبْلُ وإيَّايَ) ★

کاتێ کە زەلزەلە یاخود تریشقە گرتنی حەزرەتی موسا عەرزی بارەگای کرد : پەروەردگارا من ئەزانم ئەم هەموو عاجزی‌و قاری تۆیە قورتی نەگبەتی گوێرەکەپەرستیەکەیە دەی ئەگەر خواستت بوایە ئەو قەومەو منیشت ئەکوشت لە پێش ئەوەدا بێن بۆ میقات‌و من گیرۆدەی ئەم

رسوایيه نەدەبووم . ئیستە من هەزار سوێند بخۆم ئەوان قەناعەت ناکەن‌و ئەڵێن موسا بە پیلانێك ئەو حەفتا کەسەی لەناو برد .

★ (اَتُهْلِكُنا بِما فَعَلَ السُّفَهاءُ مِنَّا ؟)★

ئایا تۆ ئێمە هەموو ئەفەوتێنی بە هۆی ئەوەوە کە بەنی‌ئادەمە عەقڵ‌سووکەکانی ئێمە کردیان ؟

★ (إنْ هِيَ إلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِها مَنْ تَشاءُ وتَهدِي مَنْ تَشاءُ) ★

ئەم کارەساتانە هەر ئەوەیە رووداوێکی بەراوردی میحنەت‌سازیە لەسەر حیکمەتی خۆت لە لایەنی تۆوە ، وە ئەو کەسەی خواستت لەسەر گومڕاکردنی بێ گومڕای ئەکەی بەم جۆرە کارەو ئەو کەسەیش خواستت لەسەر هیدایەتی بێ هیدایەتی ئەدەیی‌و ئەڵێی ئەم رووداوانە سزای دنیان‌و سزای دنیا لە تۆڵەی قیامەت سووکترە .

★ (انْتَ وليُّنا فاغْفِرْ لَنا وارْحَمْنا واَنْتَ خَيْرُ الغافِرِينَ) ★ (١٥٥)

پەروەردگارا تۆ صاحیب‌و خاوەن کاری ئێمەی ئێمە داوای چاوپۆشی‌و میهرەبانیت لێ ئەکەین‌و بە رەحمی خۆت تاوانمان ببەخشەو میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە تۆ باشتر تاوان‌پۆشێکی .

★ (واكْتُبْ لنَا فِي هذِهِ الدُّنْيا حَسَنَةً وفِي الآخِرَةِ إنَّا هُدْنَا إلَيْكَ) ★

ئەی خودا بنووسە بۆ ئێمە بە میهرەبانی خۆت لە جیهانی ژینا ژینێکی باش بە ئاسایش‌و سەربەرزی‌و فەرمانکاری خۆت وە لەو جیهانیشا گەڕانەوەیەکی باش بە عەفوو سەرفی نەزەرو شادبوونمان بە لیقای زاتی تۆو بە ئارامگرتنمان لە بەهەشتی جاویدانیدا .

★ (قال : عذَابِي اُصِيبُ بِهِ مَنْ اشاءُ ورَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ) ★

لە وەلامی دۆعای موسادا فەرمووی : ئەی موسا سزای من پێی گیرۆدە ئەکەم ئەو کەسەی کە خواستم لێ بێو میهرەبانیم گوشادە هەموو کەسێو هەموو گیانلەبەرێ ئەگرێتەوەو کەمو کووڕی تێدا نیە •

جا بازێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن : پاش ئەم سکالآی موسا خودای تەعالا ئەو حەفتا کەسە مردوەی زیندووکردەوەو لە گەڵ موسادا ڕۆیشتنەوە بۆ ناو گەلەکەیان • وە بازێکی تر ئەڵێن ئەو حەفتا کەسە نەمردبوون بەڵکو بەو زەلزەلە یا بەو تریشقە کە دای بە کیۆەکەدا کاسو شپرزە بوونو پاش ماوەیێ بە دۆعای موسا هاتنەوە سەر خۆیانو لەگەڵ ئەوا بە ساغی هاتنەوە بۆ ناو بەنی ئیسرائیل •

★ (فسَأكْتُبُها لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ ويُؤْتُونَ الزَّكوةَ والَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِنا يُؤْمِنونَ) ★ (١٥٦)

وە خودا فەرمووی بە موسا ـ د ئەو ڕەحمەتەم کە هەموو شتێو هەموو کەسێ دائەگرێ بە خصووصیو تایبەتی ئەینووسم بە نووسینێ نەگۆڕێ بۆ ئەو بەنیئیسرائیلیانە کە خۆیان ئەپارێزن لە کوفرو گوناحو نافەرمانی پێغەمەرو صەدەقەی واجب لە ماڵی خۆیان دەرئەکەنو ئەیدەن بە موستەحەقەکانو بە تایبەتی ئەو ڕەحمەتە ئەنووسم بۆ ئەو کەسانە باوەڕ ئەکەن بە هەموو ئایاتی من لەوانە کە ئەبن بە دەلیل لەسەر بوونمو یەکیەتیمو دووریم لە کەمو کووڕیو دارائیم بۆ هەموو کەمالات • وە ئەو بەنی ئیسرائیلیانە کە لەمەولا ئەم ڕەحمەتی خۆمەیان بۆ ئەنووسم •

★ (الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرِيةِ والإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالمَعْرُوفِ وَيَنْهيهُمْ عَنِ المُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّباتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الخَبائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ والأَغْلالَ الَّتِي كانَتْ عَلَيْهِمْ فالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ واتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي اُنْزِلَ مَعَهُ اُولئِكَ هُمُ المُفْلِحُونَ) ★ (١٥٧)

واته ئەو کەسانەن کـە پەیڕەوی ئەکەن لـە کاتی خۆیا بۆ پێشەواو رەهنومایێ کە دارای نۆ سیفەتە :

یەکەم : رەسوولەو فروستادەی خودایە بۆ سەر هۆشیارانی پەریو ئادەمیزاد بۆ گەیاندنی ئەحکامی ئیعتیقادو عەمەلو نیشاندانی بیرو باوەڕی بەسەند بە خوداو فریشتەکانیو بە پێغەمەرەکانیو بەو کتێبانە کە ناردوویەتی بۆیان ، وە بـەوە کـە هـەموو چاكو خراپێ خـودا ئیجادی ئـەکاو بـە زیندووبوونەوە لە پاش مردن بۆ ئەوە کە حسێبی کردەوە بکرێو تۆڵەی خۆی وەربگرێ •

دووهەم : ئەوەیە کە (نبی)یە یانی خاوەنی پایەی بەرزە لـە لای خوداوەو پایەی بەرزترە لە هەموو ئادەمیزادو پەریو فریشتە لە جیهانا •

سێهەم : ئـەوە کـە (امی)یە وەکـو لەدایكبوە وەهـا ماوەتەوەو نەیخوێندوەو دانشخانەی نەدیوە ، لە بەر دوو حیکمەت ، یەکەم گومانی ئەوەی لێ نەکرێ ئەو زانیاریەی هەیەتی بە خوێندن فێری بوو بێو لـە مامۆستایەکی وەرگرتبێ • دووەم ئەوە کە دەرکەوتنی ئەو ئاسارە گەورەو ئەو زانیاریە بەرزە لە لای ئەوە ببێ بە بەڵگە لەسەر ریسالەتەکەیو لەسەر رێژەنی بارانی میهرەبانی خودا بەسەریا •

چوارەم : ئەوەیە کە نووسراوە بە ناوو نیشانەو رشتەی مەڵبەند لە تەوراتی حەزەتی موسادا ، وەکو ئەوە کە لە سیفری (شعیا)دا نووسراوە : پڕتەوی نووری خودا وەکو لە ولاتی (ساعیر)دا شەوقی دایەوەو لـە

کێوی (سینا)دا دەرکەوت وەها لە کێوی (فاران)دا دەرئەکەوێ . کە کێوی (فاران) ئەو کێوەیە لە نزیکی شاری مەککەدا کە حەزرەت ـدـ لەوێدا وەحی بۆ هات • هەروا لە (انجیل)دا حەزرەتی عیسا موژدەی داوە بەوە کە خودا رەهبەرێکی پیرۆز ئەنێرێ بۆ سەریان جیهان رووناك ئەکاتەوە وە ئەم نیشانانەی بۆ ئەوە بەیان کردوە کە بەنی ئیسرائیلیەکان پاش هاتنی حەزرەت ـدـ بیانوویان نەمێنێ لە نافەرمانیدا •

پێنجەم : ئەوەیە کە ئەو پێغەمەرە فەرمان ئەدا بە بیرو باوەڕی پاكو کردەوەی چاك کە گرد ئەبێتەوە لە فەرموودەی حەزرەتا ـدـ کە ئەفەرموێ : (التعظیم لامر الله والشفقة علی عباد الله) یانی ئینسانێ ئەمری خودا بە گەورە بگرێو دڵسۆز بێ بۆ بەندەکانی خودا •

شەشەم : ئەوە کە نەهی ئەکا لە هەموو خراپەیێ لە بیرو باوەڕا وەکو پەرستیاری غەیری خودا . وە لە کردەوەدا وەکو ستەمکاریو بێ ناموسیو بێ شەرمی لەگەڵ عیبادی خودادا لە پێغەمەرانو رەهبەرانەوە هەتا داماوانو کارکەران •

حەوتەم : ئەوەیە کە هەرچی تەبیعەتی میانە بە پاكو چاکی بزانێ لە خواردەمەنی حەلاڵی ئەکا بۆیان •

هەشتەم : هەرچی تەبیعەتی میانە بە نابارو ناشیرینی بزانێ لە خواردەمەنی حەرامی ئەکا لەسەریان جا ئەو ناباریە لەبەر زیان بێ بە تەندروسنی وە یا زیان بێ بە عەقڵو هۆش وە یا زیان بێ بە ئابووریو ژیوار وەکو زیادەڕەوی •

نۆهەم : ئەوە کە ئەو گرانباریە زو لەسەریان بو لە ئایینی کۆندا لەسەریانی لائەبا وەکو خۆکوشتن بۆ تۆبەو بڕینی هەر پارچەیێ کە تاوانی پێ کردبێو حەرامکردنی بازێ گۆشتو چەوری بێ لەسەریان ؛ وە نەخواردنی چێشتی دەستی ژنی خاوەن عوزرو ، وەکو کارنەکردن لە رۆژی شەمەداو حەصری نوێژ لە کەنیسەدا •

جا ئەو کەسانە ئیمانیان هێنا بەو پێغەمەرە کە جامیعی ئەم سیفەتانەیەو بە گەورە تەماشای ئەکەن‌و یارمەتی ئەدەن‌و پەیڕەوی ئەو رووناکیە ئەکەن‌و شوێنی ئەو کتێبە ئەکەون کە بۆی هاتوەتە خوارەوەو لەگەڵ ریسالەتی ئەوا نێرراوە •• ئەو کەسانە رزگارن لە ئازاری رۆژی قیامەت •

بوخاری‌و موسلیم‌و ترمذی رایویەتیان کردوە لە حەزرەتەوە ـ د ـ فەرمووبەتی : کاتێ کە خودا خەڵکی دروست کرد لە کیتابا نووسی‌و لە ژووری عەرشەوە دانا (ان رحمتي غلبت غضبي) بە راستی میهرەبانی من زاڵ بوە بەسەر قارو غەزەبما •

★ (قُلْ : يا أَيُّها النَّاسُ إِنِّي رَسولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ لەسەر فەرمانی من : ئەی ئادەمیزاد من فروستادەی خودام بۆ لای ئێوە هەمووتان •

★ (الَّذي لَهُ مُلْكُ السَّمواتِ والأَرْضِ) ★

ئەو خودایە کە پادشایی‌و سەرداری لە ئاسمانەکاناو لە زەویدا هەر بۆ ئەوە •

★ (لا إله إلاّ هُوَ يُحْيي ويُمِيتُ) ★ :

هیچ کەس نیە بەندەیی بۆ بکرێ ئەو نەبێ ، وە حاڵی وەهایە گیانلەبەر دروست ئەکا گیانیان بۆ دروست ئەکاو ئەیشیان مرێنێ بە خواستی خۆی •

★ (فَآمِنُوا بِاللهِ ورَسولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذي يُؤْمِنُ بِاللهِ وكَلِماتِهِ واتَّبِعُوهُ لعَلَّكُمْ تَهْتَدونَ) ★ (١٥٨)

دەی ئێوەیش ئیمان بێنن بەو خوداو بەو پێغەمەرەی کە فروستادەی ئەوەو خاوەن پایەو شانە لەلای ئەوو نەخوێندەوارە کەچی لە غەیری خۆی زیاتر زاناو هۆشیارە ، ئەو پێغەمەرەی کە ئیمانی هێناوە بە خودای خۆی‌و بەو وتارانەی کە نازلی کردوون بۆ سەر هەموو پێغەمەرەکان‌و پەیڕەوی ئەو بکەن رجایە بگەن بە ئەنجامی پیرۆزو شارەزای رێگەی رزگاری هەردوو جیهان بین •

★ (وَمِنْ قَوْمِ مُوسى اُمَّةٌ يَهْدونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلونَ) ★ (١٥٩)

وە هەر وەکو لە قەومی موسادا کۆمەڵێ بوون لە دین لایانداو گوێرەکە پەرستییان دامەزراند وە کۆمەڵێ بوون کە بۆ عوزرهێنانەوە لە سەفاهەتی ئەوانە ڕۆیشتن بۆ میقات •• هەروا ئیستەیش کۆمەڵێکیان هەیە کە خەڵك شارەزا ئەکەن بە شێوەی حەق بۆ ئیمانهێنان بە حەزرەتی محەمەد ـدـ وە لە ناو خۆیانا بە حەق حوکم ئەکەن وەکو موسوڵمانانی ئەهلی کیتاب لە زەمانی حەزرەتا •

★ (وَقَطَّعْناهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ اَسْباطاً اُمَماً) ★

جا پاش هاتنەوە لە میقات بۆ جاری دووهەمو پاش دامەزرانی گەلی بەنی ئیسرائیل لە خاکی (فەلەستین)دا لە کەناری (بەحری ئەحمەر)دا بەنی ئیسرائیلیەکانمان کرد بە دوازدە پارچە کە حاڵی ئەمانە وابو لە بەتەوەی دوازدە کوڕەکەی (ئیسرائیل) بوونو هەر یەکی ئوممەتێ بوونو لە ناو خۆیانا ئادابو تەقالیدێکی تایبەتیان بو ، وە لەبەر ئەوە جیامان کردنەوە لە یەك هەتا بەرەی هەر کوڕێ لەوانە خزمەتی خۆیان بکەنو گەورەو بچووك بڕیار بدەنو نەبن بە هەرچیو پەرچیو فیتنەو ئاشووب لە ناویانا پەیدا نەبێو بۆ ئەوەیش کە حەزرەتی موسا لەسەر هەر قەبیلەیێ لەوانە پێشەوایێ دابنێ چاودێری یاسای دینو دنیایان بکا ، وەکو وتوویانە :

ئادەمی ناژین بێ یاساو ئایین
بێ گەورەو بچووك لە ڕووی سەرزەمین
ئارامی بەشەر بۆ ژینو ژیوار
بێ یاسا نابێ ، بێ سەرو سەردار
ئاسکی بیابان ، مەڕو بزنی کێو
دەلیلیان هەیە بۆ بەرزیو نشێو

ئەوەی وەرنەگرێ فەرمان لە دەلیل
بە کزی ئەژی ، دەخیل صەد دەخیل !
بۆیە خوداوەند بۆ گرۆی بەشەر
رەهبەری هەنارد یانی پێغەمەر
رەهبەر بۆ یاسای دین‌و دنیایە
بۆ پیشەی باش‌و خولکی رەسایە
بۆ تێکۆشینە لە رێی ژیانا
هەتا بمێنی لە رووی جیهانا
یاسا نەتەوەی مەردی مردوە
بە خاوەن یاسا مەڵێن مردوە
یاسایە هۆیە لە بۆ ئاسایش
لە بۆ سەربەرزی‌و لە بۆ نومایش
ئەو بابە ئەمرێ با کوڕی نەبێ
مادام یاساکەی رەساو بەجێ بێ
(انا اعطینا) موژدەی رەهبەرە
مادام خاوەنی یاسای ئەنوەرە
(نامی)یە هەرکەس خاوەن یاسا بێ
نامرێ یاسایێ خاوەن عاسا بێ

★ (وَأَوْحَيْنا الى موسى إذِ اسْتَسْقيهُ قَوْمُهُ : أَنِ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الحَجَرَ فانْبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرةَ عَيْناً قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُناسٍ مَشْرَبَهُمْ) ★

موسامان خەبەردار کرد لەو کاتەدا کە قەومەکەی لەو دەشتی فەلەستینەدا لە کەناری دەریادا داوای ئاوی خۆشیان لێ‌کردو پێمان‌وت : بە عاساکەت بدە لەو بەردە گەورە کە وا لە (جبل حوریب)دا کە لە شیوی

(سینا) دایە • وە لە تەوراتا جێگەی ئەو بەردە گەورەیە دیاری کردوە ، وە بازێ لە ئیسرائیلیەکان ئەڵێن : ئەو بەردە وا لە شوێنێکدا مەشهوورە بە(وادي اللجاء)و حەزرەتی موسا لەسەر فەرمانی خودا دای لەو بەردە بە عاساکەی‌و دوازدە سەرچاوەی لێ دەرچو وە هەر یەکێ لەوانەی دیاری کرد بۆ یەکێ لەو دوازدە تایفە بۆ ئەوە لەسەر ئاو نەگژێن‌و ئاشووب لە ناویانا پەیدا نەبێ • وە لە واقیعدا ئەو بەردە بەردێکی گەورەی وا بێ کە جێگەی دوازدە سەرچاوەی جیاوازی تێدا ببێتەوەو خەڵکی بتوانن راوەستن لە بەریاناو ئاو وەربگرن • ئەمە هەم موعجیزەیە کە بە لێدانی ئەو عاسا ئەم دوازدە سەرچاوە دەرچوەو هەم مەعقووڵە ؛ چونکی موناسبی هاتوچۆی قەرەباڵغی ئەو دوازدە بەشەیە لە بەنی ئیسرائیل کە لەو سارای سینادا ژمارەیان گەیشتوە بە شەش‌صەد هەزار کەس ، وە ئەوەی کە ئەڵێن بەردێکی بچووك بوە بە قەی کەللەی گایێ بوە •• پاش لێکۆڵینەوە بەڵگەیێ بۆ ئیستیدلال بشێ دەستمان نەکەوت لەسەری •

★ (وظَلَّلْنا عَلَيْهِمُ الغَمامَ) ★

وە لەبەر ئەوە کە ئەو دەشتە گەرمیان بو بەنی ئیسرائیلیەکان لە میصرا جێگەو ماوایان خۆش بوو ئولفەتیان نەگرتبو بە گەرماوە هەورمان کرد بە چەترو سایە بە راسەریانا •

★ (وأنْزَلْنا عَلَيْهِمُ المَنَّ والسَّلْوى) ★

وە بۆ ئەوە کە بێبەش نەبن لە شیرینی گەزۆمان باراند بە سەریانا وەکو لە کێوانی خۆمانا گەزۆ ئەبارێ بەسەر گەڵا داراو (شۆکە) ئەبارێ بەسەر بەردا ؛ وە پەلەوەری (شەلاقە) مان لە لای جەنووبەوە بە ئاسمانا هێناو ئەمان باران بە سەریاناو ئەوانیش ئەیان‌گرتن‌و سەریان ئەبڕین‌و ئەیان خواردن • وە لەسەر زمانی موسا وتمان :

★ (كُلُوا مِنْ طَيِّباتِ مَارَزَقْنَاكُمْ) ★

پێمان راگەیاندن کە بخۆن لەم خواردەمەنیە جوانانەی کردوومانن بـە رۆزی بۆ ئێوە کەچی لەگەڵ ئـەم هەموو نیعمەتەدا کە پێمدان ئـەو بەنیئیسرائیلیە بەدبەختانە کـوفری نیعمەتیان کـردو دەسـتیان کرد بـە نافەرمانیو سەرپێچیو لە رێگەی راست لایان دا •

★ (وما ظَلَمونا ولكِنْ كانُوا اَنْفُسَهُمْ يَظْلِمونَ) (١٦٠) ★

ئـەوان بەو ستەمە کردیان ستەمیان لە من نەکرد بەڵام ستەمیان لـە نەفسی خۆیان کرد •

موفەسیرەکان ئـەم دەشتە کـە بەنیئیسرائیلی تێـدا بو بـە سارای (تەین)ی ناو ئەبەنو بازێ ئەڵێن ئەمە لە پێش (تەین)دا بوەو ئەو سارا نەبوە • بەڵام لەسـەر حەقیقەت سـارا عەینی سارایە ، ئـەمما رووداوی عاجزبوویی بەنی ئیسرائیل لەو جۆرە خواردەمەنیە کە ئەیخۆنو موخالەفەیان بۆ حەزرەتی موسا پاش ئەم تەئریخە بو ؛ چونکی ئەمری پێکردن کە لەو دەشـتە دەرچـنو بڕۆن بۆ (بيت المقدس)و داگـیری بکـەن ئەوانیش فەرمانەکەی موسایان وەرنەگرت ، جا خودا غەزەبی لێگرتنو چل ساڵ لەو زەویەدا هێشتنیەوە وەکو لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت :

★ (واِذْ قيلَ لَهُمُ : اسْكُنُوا هذِهِ القَرْيَةَ وكُلُوا مِنْها حَيْثُ شِئْتُمْ وقولُوا حِطَّةٌ وادْخُلُوا البابَ سُجَّداً نَغْفِرْ لَكُمْ خَطيئاتِكُمْ سَنَزِيدُ المُحْسِنينَ)(١٦١) ★

وە باسی ئەوە بکە کە لە لایەنی موساوە وترا بە بەنیئیسرائیلیەکان بڕۆن نیشتەجێ بین لەو ئاوەدانیەدا کە شاری (بيت المقدس)ەو بڕۆنە ناو دەرگای بارەگای ئەو شوێنە پیرۆزە بە کڕنووش بردن بۆ خودای خۆتانو بە جارێ لێی بپاڕێنەوەو بڵێن : پەروەردگارا مەبەستمان داکەوتنی باری تاوانە لەسـەر شـانمانو مادام دامەزرانو کەوتنـە موعـامەلەو کاسبیەوە ئەتوانن هەموو جۆرە خواردەمەنیەکی جوان بە ئارەزووی خۆتان بخۆن ،

جا ئەگەر ئەم فەرمانە بەجێبێنن وە بە تەبیعەتی حاڵ پێویستە جیهاد بکەن‌و دەست‌بەرداری ئارەزووی نەفسی خۆتان ببن هەتا بگەن بە پایەو مایەو ولاتەکان وەربگرنەوە لە دوژمن لە جەزای ئەو جیهادەدا هەر تاوانێکتان هەبێ ئەیبەخشم‌و زیاد لە تاوان‌بەخشین پایە زیاد ئەکەین بۆ ئەوانە کە خاوەن ئیخلاص‌و خاوەن چاکەن •

★ (فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزاً مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَظْلِمُونَ)(١٦٢) ★

بەلام ئەو گەلە کە ئەم ئەمرەیان پێکراو ستەمکار بوون لە خۆیان‌و موبالاتیان بە فەرمانەکە نەکردو بێ‌ئەمری موسایان کرد جا لە ئاسمانەوە سزاو نەگبەتم بۆ ناردن‌و نەخۆشم خستن‌و کزو داماوو بێ‌گوزەران‌و بێ‌پایەو شانم کردن بە هۆی ئەو موخالەفەو بێ‌ئەمریەوە کە ئەو ستەمکارانە کردیان •

وە حاصلی ئەم دوو ئایەتە ئەمەیە بە کورتی کە حەزرەتی موسا فەرمووی بە بەنی ئیسرائیل مادام ئێوە ئەتانەوێ بە راستی بەندەیی خودای خۆتان بکەن‌و پایەو مەقامی کۆن وەربگرنەوە ئەبێ جیهاد بکەن‌و بڕۆن شاری قودس بگرن‌و (بيت المقدس) ئاوەدان بکەنەوەو کیانی دین‌و دنیای خۆتان ببەن بە رێوە ئەوسا خودایش تاواتتان ئەبەخشێ‌و زیادە پایەتان پێ ئەدا لە دنیاو دینا • وە ئەوانیش سەرپێچییان کردو جیهادیان نەکردو خودا غەزەبی لێ‌گرتن‌و گیرۆدەی کردن بە مانەوە لە ساراو دەشتی سیناداو سەرگزبوون هەتا پاش وەفاتی موسا ـ د ـ دەستیان کرد بە جیهاد لەگەڵ (بەنی یوشع)دا ـ د ـ و قودسیان گرت •

★ (واسْئَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كانَتْ حاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست پرسیاریان لێ بکە بۆ شەرمەسار کردنیان لە وەزعی ئەهلی ئەو شارە کە لە قەراخی دەریای (قولزم)دا بو (بحری احمر) لەو کاتانەدا کە لایان ئەدا لە فەرمانی شەرعی خۆیان لە ڕۆژانی شەمەدا •

★ (اِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعاً وَيَوْمَ لا يَسْبِتُونَ لا تَأْتِيهِمْ) ★

لەو کاتەدا کە لە جەزای سەرکێشییان لە فەرمانی شەرع گیرۆدەمان کردن بەو حاڵە کە لە ڕۆژانی شەمەدا کە ڕۆژی حورمەتگرتنە ماسیە گەورەکانی دەریا ئەهاتن بۆ قەراخی دەریا بە جۆرێ کە لەسەر ئاوەکەدا دیار بوون ، بەڵام لەو ڕۆژانەدا کە شەمە نیەو لەسەریان نیە حورمەتی ڕۆژەکە بگرن دەرناکەونو نایەن بۆ قەراخی ئاوەکەو خۆیان ون ئەکەن •

★ (كَذٰلِكَ نَبْلُوهُمْ بِما كانُوا يَفْسُقُونَ) (١٦٣) ★

ئا بەو جۆرە ئیمتیحانمان ئەکردن بە هۆی ئەوەوە کە ئەوان لە حوکمی خودا دەرئەچوون •

ئەو شارە لەم ئایەتەدا بە (قەریە) ناوی ئەبا موفەسیرەکان ئەڵێن شاری (ئەیلە) بوە لە بەینی (مدین)و کێوی (طور)دا یا نەفسی شاری (مدین) بوە یا شاری (طەبەریە) بوە ، وە بە (قەریە) ناوی ئەبا لەسەر یاسای قورئان کە ئەو شارانە وەها ناو ئەبا • موفەسیرەکان نەیانفەرموە ئەو کارەساتە لە چ چەرخێکدا بوە ، وە لەو چەرخەدا خودای تەعالا بڕیاری داوە ڕۆژی شەمە ڕۆژی بەندەییو ڕێزی بەنی ئیسرائیل بێ ، وە لەو ڕۆژەدا مەنعی کردوون لە ڕاوەماسی کەچی بۆ فیتنەی دڵی ئەوانو بۆ ئەوەی ئادابی شەمە بشکێنن ماسیە گەورەکان لەو ڕۆژەدا بە کۆمەڵ ئەکەوتنە سەر ئاوەکەو لە ڕۆژەکانی تردا دەرنەدەکەوتن • ئەوانیش لە ڕۆژی شەمەدا تۆڕیان دائەخست لەناو ئاوەکەداو لە ڕۆژی یەکشەمەدا تۆڕەکەیان دەرئەهێناو ماسیەکانیان ئەگرتو وایان مانا لێ ئەدایەوە کە ئەم

موعامەلە ڕێکی شەرعە ؛ چونکی لە ڕۆژی شەممەدا ماسیەکانیان لە تۆڕەکە دەرئاهێنن لەگەڵ ئەوەدا ئەمە فێڵەو یاسای دینی پێ ئەشکێ ؛ چونکە مەبەس لە فەرمانی دینەکە ئەوە بوە کە لەو ڕۆژەدا هەر مەشغووڵی دینداری بن‌و نەڕۆن بۆ ڕاوەماسی .

★ (وَاِذْ قَالَتْ اُمَّةٌ مِنْهُمْ : لِمَ تَعِظُونَ قَوْمـاً اللّٰهُ مُهْلِكُهُمْ اَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذاباً شَدیداً ؟ قَالُوا : مَعْذِرَةً اِلى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ)(١٦٤) ★

وە باسی ئەوە بکە ئەی پێغەمەری خۆشەویست کە ئەو قەومە لە بەنی ئیسرائیل لەو شاری قەراخی دەریادا بووبوون بە سێ بەشەوە ؛ بەشێکیان لە دین لایان دابوو لە ڕۆژی شەممەدا تۆڕداویان دا ئەنا لە دەریاکەداو بەشێکیان لەسەر شێوەی زانایان‌و عالمان‌و ئامۆژگاران ئامۆژگاری ئەو بەشە تاوانبارەیان ئەکردو مەنعیان ئەکردن لەو تۆڕدانانە . هەرچەن ئەوان گوێیان لە ئامۆژگاریەکەیان نەبو . بەشی سێهەمیان ئەیان‌وت بەو زانایانە : ئێوە بۆچی ئامۆژگاری قەومێکی وا دەکەن کە خودا بڕیاری داوە بیان‌فەوتێنێ وە یاخود سزایەکی ناهەمواریان بدا ، ئەوانیش لە وەڵاما ئەیان‌وت لەبەر ئەوە ئەم ئامۆژگاریە بێ بە عوزر بۆ ئێمە لە ڕۆژی قیامەتا لە حوزووری خودادا ؛ چونکی هەرکەس چاوی کەوت بە کاری خراپ‌و گوناح واجبە لەسەری مەنعی بکا بە هێزی خۆی ئەگەر دەستی بڕوا ، ئەنا بە زمان بە دەست‌ڕۆیشتووبێ تا ئەو مەنعی بکا ، وە یاخود بە دڵ حەزی لێ نەکا . وە لەبەر هیوای ئەوەیش لە خودا بترسن‌و خۆیان لەو تاوانە بپارێزن .

★ (فَلَمَّا نَسُوا ما ذُكِّرُوا بِهِ اَنْجَيْنَا الَّذينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَاَخَذْنَا الَّذينَ ظَلَمُوا بِعَذابٍ بَئيسٍ بِمـا كانُـوا يَفْسُقُونَ) (١٦٥) ★

جا لە کاتێکا ئەو بەشە تاوانبارە کە هەموو ئەو ئامۆژگاریانەیان خستە پشت‌گوێ‌و لـە بیری خۆیانیان بردەوە ئەوانە کـە مەنعی ئەوانی ئەکـرد رزگارمان کردن لە سزا ، وە ئەوانەیان کە ستەمیان لە خۆیان کرد گرتنمان بە سزایەکی نابارو ناهەموار بـە هۆی ئەوەوە کـە لـە فەرمانی خـودا دەرچوون •

وە ئەم سزا کە لەم ئایەتەدا دەربڕراوە غەیری ئەوەیە کە لە ئایەتی دواییدا دێ ، ئەم سزا سووکە بە نیسبەت ئەوەوە ؛ چونکی ئەمە تۆڵەی فەرامۆش‌کـردنی ئامۆژگاری زاناکـانەو بریتیـە لـە گـرانی‌و نەخۆشی‌و ئیختیلاف‌و ئاشووبی ناوخۆ کە هەموو ئەمانە نابارو ناهەموارن‌و سزای دوایی زۆر گرانە وەکو خودا ئەفەرموێت :

★ (فَلَمَّا عَتَوْا عَمَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ : كُونُـوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ) (١٦٦) ★

جا لە کاتێکدا دەمارو فیزو توغیانیان نیشان دا بەرابەر بەو تەجاوزاتە کە نەهیان لێ‌کرابو ؛ وە لـە پایەی یەکەمدا ئامۆژگاریەکەیان بەشەرمەوە فەرامۆش ئەکردو لەم پایەدا ئەگەر یەکێ پەندی دادایێن ئەچوون بەگژیاو سووکیان ئەکرد ، جا ئێمەیش غەزەب‌و قارمان لێ‌گرتن‌و فەرمانمان دا ببن بە مەیموونی سووکی گاڵتەپێ‌کراو ، واتە خواستمان هاتە سەر ئەوە کـە شێوەی ئادەمیزادم لەوانە گۆڕی بە شێوەی مەیموون کە گیان‌لەبەرێکی زۆر سووك‌و بێ نرخە ؛ ئەوانەیان کێوین لە چینی گیان‌لەبەری زیانداری سووکدان ، وە ئەوانەیشیان خانەکین منداڵان گاڵتەیان پێ‌ئەکەن‌و لە ئیشی سووکا بەکاریان دێنن •

وە جومهوور لەسەر ئەوەن کە ئەوانەیان سەرۆك بوون لە شکاندنی شەمەداو لەو توغیانەدا خودا گۆڕینی‌و کردنی بە مەیموون ، وە بازێکیان بە بەرازو لە پاش سێ رۆژ مردن • وە (مجاهد) بیری وایە ئەڵێ : مەسخی

ئەوانە بریتی بوە لە مەسخو گۆڕینی خووو ڕەوشت ، واتە خودا ڕەوشتی گۆڕیون بە ڕەوشتی مەیموونو بەراز •

وە بە بیری من گۆڕانی ئەخلاق زۆرەو تایبەتی بەنی ئیسرائیل نەبوەو نیەو گەلێ کەس هەیە بە هۆی بێ دینیو بێشەرمیەوە ڕەوشتیان چوەتە سەر ڕەوشتی ڕێویو گورگو مەیموونو بەرازو مارو دووپشك ، بەڵکو ئەمانە خراپترن ؛ چونکی ئەم حەیوانانە زیانەکەیان کەمەو تەجاوز ناکا لە تەبیعەتی ئەو جۆرە . بەڵام زیانی ئادەمیزادی ناهەموار بە قەی زیانی چوار پێنج جۆر گیانلەبەری دڕندەیە : فێڵبازە وەکو ڕێویو ، لانگیرە وەکو سەگی هارو . بێ ناموسە وەکو بەرازو ، خائینە وەکو گورگ ••• پەنا بە خودا ! وە هەموو ئەم دەردانە لەسەر تەماعی ماڵی دنیاو دارایی یا ئارەزووی شەهوەتڕانی یا پایەو شانی بەرز ، وەکو حەزرەت ـدـ فەرموویەنی خۆشویستنی دنیا سەری هەموو تاوانێکە • کە وابێ ئەو مەسخە وەکو جومهورر فەرموویانە هەر مەسخی شێوە بوە هەتا ببن بە پەن بۆ تەماشاکەران •

★ (وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ)(١٦٧) ★

باسی ئەوە بکە کە خودا عەزمی ئەوەی کردوە کە لە هەموو ماوەیەکدا بنێرێ بۆ سەر بەنی ئیسرائیل کەسانێکی وا کە بە ناهەمواری موعامەلەیان لەگەڵدا بکەنو سزایان بدەن بە سزایەکی نابارو ماوەی ئەوە نەدا کە قەرار بگرنو ئارام ببن هەتا ڕۆژی قیامەت ؛ چونکە بە ڕاستی خودا بە بێ تەفرە ئەنوانێ سزای ئەوانە بدا خواستی وا لەسەر سزایانو خودا تاوانبەخشو میهرەبانە بۆ ئەوانە کە ئیمان دێنن ، وە بڕیاری خودا تێك ناچێ •

بزانن ! لەم ئایەتەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : ئەم هەڕەشە کـە خودای تەعالا کردوویە روو ئەکاتە ئـەو جوولەکانە کە لە فەرمانی دین دەرچوونو بۆ ئەوانە نیە کە وەختی خۆی ئیسانیان هێناوە بە پێغەمەرەکانی بەنی ئیسرائیلو لەسەر ئیسان مردوون وە یا ئەوانە کـە ئیمانیان هێناوە بە پێغەمەری ئاخر زەمان وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو هاو وێنەکانی •

دووهەم : مەبەس لـەم ئایەتە ئەوە نیە کە هیچ کاتێ بەنی ئیسرائیل پایەو شانیان نابێ ؛ چونکی ئەوەتە لـە پاش حەزرەتی موسا بە سەرۆکی حەزرەی یوشع کوڕی نون ـدـ رۆیشتن شاری قودسو (بیت المقدس)یان داگیر کردو لـە زەمانی داوودو سولەیمانا بوون بە ئومەتێکی بەرز لـە خاکی فەلەستیندا تەنانەت سولەیمان (جزیرة العرب)یشی داگیر کـرد ، بەڵکو مەبـەس ئەمەیە کـە ئـەم ئوممـەتە ئەوەندە ئومسـەتێکی یاخیو سەرسەختن ئارامو دامەزراوییان نابێ وە ئەگەر لە ماوەیەکدا سەربەرزی وەربگرن ئەو سەربەرزیە دەوام ناکاو بە هۆی بشێوەی ناو خۆیانەوە یاخود بە هـــۆی بەدرەفتاری خۆیانەوەو تەماشاکردنی مـافی دراوسێکانیانەوە تووشی مسیبەتی خراپ ئەبن وەکو لـە مێژوودا ئاشکرایە کـە لـە پێش لەدایکبوونی عیسادا بشێوە کەوتە ناویانەوەو حکوومەتەکەیان بوو بە دوو بەشی لاوازی بێ نرخی وەها کە هەمیشە لە لای دراوسێکانەوە دەستیان بۆ درێژ ئەکـراو کیانیان تێکئەچو ، وە لـە لایەنی بەختەنەصری بابلیەوە وڵاتەکەیان وێران کرا ؛ وە بـە هۆی رۆمیەکانەوە لە پاش لەدایکبوونی عیسا دووبارە تووشی وێرانیو پەرێشانحاڵی بوون بـە جۆرێ وەزعیان تێکچو •

وە ئەگـەر یـەکێ بڵێ : ئـەی ئـەوە نیە کـە ئیستە لـەم چەرخەدا یەهوودیەکان لـە فەلەستینا کیانیان هەیەو دەست درێژ ئەکەن بۆ سـەر

دراوسێکانیان ؟ ئەوە وەڵامەکەی ئەوەیە کە : ئەم حکوومەتە بە ناو حکوومەتی یەهوودە ئەگەرنا لە راستیەکەیا مەرکەزێکی فیتنەو ئاشووبە کە بێگانەکان لەو عەرزەدا دروستیان کردوەو کردوویانە بە شیرپەنجە بۆ عالەمی عەرەبی‌و ئیسلامی وەکو روونە لە لای ئەوانە کە هۆشیارن .

زیاد لەمانە خودای تەعالا لە ئایەتی (١١٢)ی سوورەتی ئالی عیمراندا ئەم جۆرە مادەیە جیاکردوەتەوەو فەرموویە (وضربت عليهم الذلة اينما ثقفوا الا بحبل من الله وحبل من الناس) واتە داماوی وەکو چەتر دراوە بەسەریانا لەهەر لایەکدا بن‌و لە هەموو حاڵێکدا مەگەر لە حاڵێکدا بەسراین بە پەیمانی خوداوە کە ئیمانیان هێنانە . وە یا ئیلتیزامی سەرانە ، وە یا بە پەیمانی ئادەمیزادەوە وەکو پەیوەندی یەهوودی ئەم زەمانەیە بە حکوومەتە بێگانەکانەوە کە هەموو عاقڵێ ئاگای لە وەزعیانە .

لەگەڵ ئەوەیشدا لەو رۆژەوە کە ئەو یەهوودانە هاتوونەتەوە فەلەستین‌و ئیعلانی کیانیان کراوە کە مێژووی نۆصەدو چل‌و هەشتە هەتا ئیمرۆ کە نۆصەدو حەفتاو هەشتە هەرچەند لە زاهیرا ئەو یەهوودانە کیانیان هەیە بەڵام بە دەوام وان لە ژێر ئاگری فیدایی عەرەب‌و ئاشووباو بە باوەڕی من ئەم وەزعە دەوام ناکا ، چونکی خودای تەعالا لە سوورەتی ئیسرادا فەرموویەتی (وان عدتم عدنا) واتە ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ خراپەو ئاشووب دروستکردن‌و لادان لە یاسای حەق ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بۆ لەناوبردنتان‌و تۆڵە لێسەندنەوەتان .

★ (وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الأَرْضِ أُمَمًا مِنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَلِكَ) ★

وە ئەو بەنی‌ئیسرائیلیانە پاش ئەوە گەلێکی تەنها بوون لە قیادەی موسای کوڕی عیمران‌و یوشعی کوڕی نون‌و داوودو سولەیمانا دەستیان کرد بە ئاشووب نانەوەو لە بەینی خۆیانا بەش بەش بوون ، وە بازێ لەوانە

کردەوە چاكو دڵپاك بوونو بازێكیان دڵتاریكو سەرلێشێواوو کردەوە ناتەواو بوون •

★ (وبَلَوْناهُمْ بِالحَسَنَاتِ والسَّيِّئاتِ لعَلَّهُمْ يَرْجِعونَ) (١٦٨) ★

وە ئیستیحانمان کردن بە رژاندنی نیعمەتو گیرۆدەکردن بە زەحمەت بە ئومێدی ئەوە کە بە یەکێ لەم دوو بارەدا بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو وەرگرتنی فەرمانیو ژیانی بەختیاری بۆ خۆیان •

★ (فخَلَفَ مِنْ بَعدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثوا الكِتابَ يَأْخُذونَ عَرَضَ هذا الأَدْنی) ★

وە لە نەتەوەی ئەوان بوو بە جێگەداریان کۆمەڵێ ئەولادی ناپیاو کە بە میرات لە باوكو باپیریانەوە تەوراتیان دەستکەوتبوو کەچی حاڵیان وایە ئەکەونە شوێن ئارەزووی نەفسی ناپاكو وەرئەگرن ماڵی ئەم دنیا پەستە لە بەرتیلا بۆ موافەقەکردنی گەورەکانیان لەسەر لادان لە دینو تەئویلی نارەسای تەوراتو ئینکاری ریسالەتی پێغەمەری ئاخر زەمان محەمەد ـدـ •

★ (ويَقولونَ : سَيُغْفَرُ لَنَا) ★

وە بۆ بیانوو لەسەر ئەو تاوانانە کە ئەیانکەن ئەڵێن : خودا لە رۆژی قیامەتا لە تاوانی ئێمە خۆش ئەبێ •

★ (وإِنْ يَأتِهِمْ عَرَضٌ مِثْلُهُ يَأْخُذُوهُ) ★

وە لەو کاتەدا کە دان ئەنێن بە تاوانەکەی خۆیانا بە ئومێدی عەفوی خودا ئەگەر میقدارێکی تر لە ماڵی دنیاو بەرتیلیان بۆ بێت لە لایەنی گەورەکانیانەوە هەم وەری ئەگرنو هیچ گوێ نادەن بەوە کە دەوام لەسەر تاوانباری ئەبێ بە هۆی شەرمەساری •

★ (أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِمْ مِيثاقُ الْكِتَابِ أَنْ لا يَقُولوا عَلَى اللهِ إِلاّ الْحَقَّ ودَرَسُوا مَا فِيهِ) ★

ئایا ئەم نەتەوە زانا دینییە ناپیاوە ئادو پەیمانیان لێ وەرنەگیرا لەسەر یاسای تەورات کە لەسەر حەق دەوام بکەنو رەفتار بە تەورات بکەنو هەرچی وا لە تەوراتا بیگرنە گەردنی خۆیانو ئەو نیشانانی پێغەمەری ئاخر زەمانە بۆ خەڵك بەیان بکەن ؟ خۆ ئەزانن و ئەوەی وا لە تەوراتا بە دەرز خوێندوویانەو باش لێی حاڵی بوون •

★ (والدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلا تَعْقِلُونَ ؟) (١٦٩) ★

وە مەعلوومە کە نیعمەتو رەزای خودا لە ماڵی پاشەڕۆژا باشترە لە هەرچی دارایی و پایەو مایەی دنیایە ؛ ئایا هێشتا هەر عەقڵ ناگرنو راستی ئەنجام نافامن ؟

★ (والَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وأَقَامُوا الصَّلوةَ إِنَّا لا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ) (١٧٠) ★

وە ئەو کەسانە کە دەستیان گرتوە بە دەستەبەندی کتێبی خوداوەو رەفتاری پێ ئەکەنو ئیمان دێنن بە پێغەمەری ئاخر زەمانو نوێژەکانیان ئەکەن ئەوانە لە خێرخواهانو پیاوچاکان ئەناسرێنو ئێمە پاداشی چاکان زایە ناکەین •

★ (وإِذْ نَتَقْنَا الجَبَلَ فَوْقَهُمْ كأَنَّهُ ظُلَّةٌ وظَنُّوا أَنَّهُ واقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ واذْكُرُوا ما فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) (١٧١) ★

وە باسی ئەوەیشیان بۆ بکەو بیریان بخەرەوە کە ئەوان گەلێکی کەللە رەقو دڵسەخت بوونو لە وەختی خۆیا بۆ ئەوە کە هێزی تەوانایی خۆمیان بۆ دەربخەم کێوی طوورم لە بن هەڵکەندو وەکو چەتر بەرزم کردەوە بە راسەریاناو گومانیان برد کە ئەو کێوە ئەکەوێ بەسەریاناو لە ناویان ئەبا ،

وە لە کاتی دەربڕینی ئەو تەوانایی خۆمانەدا لەسەر زمانی موسا وتمان بە بەنی ئیسرائیل : وەربگرن ئەو کیتابە کـە بۆم ناردوون بە هەموو هێزی دڵتانو بە راساڵی رەفتاری پێبکەنو ئەوەی وا لەو کتێبەدا لە بیرو باوەڕو لە کردەوەو بەندەیی‌و لە خوو رەوشت وەری بگرن بە دەرز بێخوێنن‌و تالیسی وردە ساڵانی بکەن بەڵکو گیانو دڵتان رووناك ببێتەوە بە ئیمانو کردەوەی باش‌و خۆتان بپارێزن لـەو بیرو باوەڕە نابارانەو لـەو کردەوە ناپەسەندانەو لەو خوو رەوشتە ناشیرینانە کە ئەبن بە هۆی بەدبەختی‌و ببن بە کۆمەڵێکی بەختیار •

جا وەکو لەم ئایەتانەدا خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد کـە گەلێ میهرەبانیم لەگەڵ بەنی ئیسرائیلدا کرد بەوە کە رزگارمان کردن لـە ستەمی فیرعەون‌و کوتوبی ئاسمانیسان نارد بۆ موسا تا تەمێ‌و تەربیەتیان بکا کەچی ئەوان لە رێگەی راست لایان دا وە سەرەڕای ئەوە من عەفوم کردن‌و لەو سارادا گەزۆم بەسەرا باراندن‌و شەلاقەم بۆ ناردن تا گۆشتی بخۆن • هەروا لەگەڵ هەموو ئادەمیزادیشدا میهرەبانیم کردوە بەمە کە لە پێش ئەوەدا بێنە مەیدانی تەکلیفەوە من قسەم لەگەڵ رۆحیانا کردوەو ئادو پەیسانم لەگەڵا بەستوون‌و پێم‌وتوون : رەهبەرتان بۆ ئەنێرم ئاگاتان لە خۆتان بێ • بـەم موناسەبەوە ئەفەرموێت :

★ (وَاِذْ اَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە بۆ ئادەمیزادانی حازر لە زەمانی خۆتا لە جوولەکەو گاورو غەیری ئەوان کە وەختی خۆی خودای تۆ وەری گرتوە لە پشتی ئادەمیزاد مادەی نەتەوەکانیان •

★ (وَاَشْهَدَهُمْ عَلى اَنْفُسِهِمْ : اَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ؟ قالُوا : بَلى شَهِدْنا) ★

وە ئەوانی کردوە بە شاهید لەسەر خۆیان لە بەستنی عەهدو پەیماناو فەرموویەتی بەوان : ئایا من پەروەردگاری ئێوەمو ئێوەم لە نەبوون دروست کردوە ؟ وتیان : بەڵێ تۆ ئێمەت دروستکردوەو تۆ پەروەردگاری ئێمەی ئەم پەیسانەمان قەبووڵ کرد ٠

وە ئەو پەیسانە درێژەکەیو مەعنا راستەکەی ئەمەیە خودای تەعالا پاش دەرکردنی ئەو نەتەوانەو موشەرەف کردنیان بە عەقڵ پێی فەرموون : من پەروەردگاری ئێوەمو لەسەر باری واقیع پەروەردگار ئەبێ پەروەردەکراوەکانی خۆی تەمێو تەربیە بکاو ئامادەی بکا بۆ پیرۆزیو بەختیاری ٠ یەنی نواناى چاکەو خراپەی بێو هێزی عەقڵو کردەوەو عەزمی پێ بداو هۆشو گۆشو تێگەیشتنو تەواناى تێکۆشینی بێ ؛ وە بێجگە لەمە رەهبەرێکی پیرۆزو دڵسۆزو سەرگەرمو دڵنەرم رەوانە بکا بۆ سەری و بە قەی حاڵ یارمەتی بداو ئاگاداری بکا لە حالی خۆیو لە گەورەیی خوداو یاسای ژینو دینی پێ بدا ٠

جا من ئەوەی شیاوی پەروەردگاری بێ ئەیکەمو ئەبێ ئەوەیش شیاوی بەندەییو پەروەردەکراو بێ ئێوە بەجێی بێننو فەرمانی رەهبەرەکە بەجێ بێننو ئەگەر یەکێ مەنعتان بکا لە چاکە دەری بکەنو ئەگەر لە چینی پێشینیە یاسای ناحەق دامەزرابو پاش راگەیاندنی فەرمانی رەهبەر موبالات نەکەن بەو یاسا ناپەسەندانە ئەوانیش وتیان : باشە تۆ خودای ئێمەییو ئەم فەرموودەمانە وەرگرتو عەهدو پەیسانی قەبووڵی خودایی تۆو ئیتاعەکردنی رەهبەرمان گرتە گەردنو بە وتاری رەوانی زمانی پاکو جوان ئەم پەیسانە رابورد ٠

★ (اَنْ تَقُولوا يَوْمَ القِيامَةِ : اِنَّا كُنَّا عَنْ هٰذا غافِلينَ) (١٧٢) ★

وە من ئەم پەیسانەم لەبەر ئەوە لە گەڵیانا بەست مەبادا لە رۆژی قیامەتا لە کاتی پرسیارو حسێبی بیرو باوەرو کردەوەدا ئەو ئادەمیزادانە بڵێن

خودایا ئێمە لە یاسای دینو لە جەزای رۆژی قیامەت بێ ئاگا بووین ؛ چونکی لە پاش پەیمانی قەدیمو لە پاش هاتنی پێغەمەرانو باسکردنی ئەم پەیمانە ئیتر مەجالی عوزر نامێنێ •

★ (او تَقُولوا اِنَّما اَشْرَكَ اباؤنا مِنْ قَبْلُ وكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهم ؛ اَفَتُهْلِكُنا بِما فَعَلَ المُبْطِلونَ ؟) (١٧٣) ★

یا خەیر مەبادا بلێن باوكو باپیرەمان وەختی خۆی هاوڕێیان بۆ خودا بڕیار دابو وە ئێمەیش مندالی ئەوان بووینو بە تەبیعەتی حال کەوتینە سەر یاسای ئەوان . ئێمە خەتامان چیە ! خودایە ئایا تۆ ئێمە سزا ئەدەی بە کردەوەی ئیشراکو یاسای خراپی ئەو بەتالکارانە ؟ واتە هەتا مەیدانی ئەم باسەتان نەمێنێ ؛ چونکی وەختی خۆی پەیمانەکەم وا کرد هەرکەسێ مەسئوولی خۆیەتیو رەهبەرەکانیش خستیانەوە بیرتان ، ئیتر مەیدانی قسەتان نیە •

بێدار بن ! مەعنای (الست بربكم)و تەقریری (ربوبیەت) وایە کە من لێرەدا نووسیم وەکو زانا بەرزەکان فەرموویانە ، ئەگەرنا تەنها بە پەیمان لەسەر خودایی خودا بە بێ بەیانی عەهدو ناردنی رەهبەرانو تەئییدی عەهدی سابیق دوو جوملەی : (ان تقولوا یوم القیامة)و (او تقولوا انما اشرك اباؤنا) تەواو نابێ ، وەکو لە لای هۆشیاران دیارە •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە پیرۆزە زاهیرە لەوەدا کە خودای تەعالا نەتەوەکانی چین چین لە پشتی باوکی خۆیانەوە دەرکردوەو گەلێ حەدیثی وا هەیە کە نەتەوەکان لە پشتی نەفسی حەزرەتی ئادەم ـدـ دەراکراون •

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ـخـ ریوایەتی کردوە کە دەربارەی ئایەتی (واذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم واشهدهم على

انفسهم ••• الآية) پرسیار لـە حەزرەتی عومەری کوڕی خەطاب کـرا ، ئەویش فەرمووی : لە پێغەمەرم بیست ـد ـ کە پرسیاری ئەم ئایەتەی لێ کرا . فەرمووی : خودا ئادەمی خەلق کرد لە پاشان دەستی راستی هێنا بە پشتیاو زوڕیەتێکی لێ دەرهێناو فەرمووی : ئەوانەم بۆ بەهەشت دروست کردوەو بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت کار دەکەن • لە پاشان دەستی بـە پشتیا هێنایەوەو زوڕیەتێکی تری لێ دەرهێناو ، فەرمووی : ئەوانەم بۆ دۆزەخ دروست کردوەو بـە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ کار دەکەن • جـا فەرموی : ئەی پێغەمەری خودا ئەمە چۆن کارێکە ؟ فەرمووی : کاتێ خودا بەندەیەکی بۆ بەهەشت دروست کرد دەیخاتە سەر رێگەی ئەهلی بەهەشت تا لەسەر کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەمرنو بەو کردەوە دەچنە بەهەشت • وە کاتێ بەندەیێ بۆ ئاگر دروست کرا دەکەوێتە سەر رێگەی ئەهلی دۆزەخ هەتا لەسەر ئەو کردەوە دەمرێو بەو هۆوە دەکەوێتە دۆزەخ • جا هۆی رێکەوتنی ئـەو ئایەتە پیرۆزە لەگەڵ ئـەم حەدیثەدا ئەمەیە کـە موراد لـە (بەنی ئادەم) لە ئایەتەکەدا حەزرەتی ئادەمو نەتەوەکەیەتی • بەڵام لـــە ئایەتەکەدا تەغلیبی جانیبی ئەولادەکانی کراوە بەسەر خۆیا ؛ چونکی ئەوان زۆرنو ئادەم یەك کەسە • وە یا مەبەست لە (بەنی ئادەم)ی ناو ئایەتەکە ئینسانە کە دەست ئەدا بۆ نەفسی حەزرەتی ئادەمو بۆ نەتەوەکانیشی •

دووەم : لـە حاشیەی (جەمەل) لـە سەر تەفسیری (جەلالەین)دا عیبارەیێ هەیە ئەمە تەرجەمەکەیەتی : زاناکان لە فەرموودەی خودادا (واذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم ••• الآية) دوازدە پرسیاریان هـەیە :

یەکەم : خودا ئەم پەیسانەی لـە کوێ لـە بەنی ئادەم وەرگرتوە ؟ وەڵامەکەی : لە (بطن نعمان)دا کە شوێنێکە لە نزیکی خاکی عەرەفاتا لەسەر فەرموودەی ئیبنو عەباس وە بازێ فەرموویانە لە خاکی (سەرانديب) لە هیندستانا ئەو شوێنە کە حەزرەتی ئادەمی تێکەوت کاتێ لە بەهەشت

دەرکراو هاتە خوارەوە . وە بازێ ئەڵێن : لە بەینی مەکەو طائیفدا . وە ئیسامی عەلی فەرموویەتی : لە بەهەشتا بوە . وە ئـەم فەرموودانە هەموو ئیحتیسالیان هەیەو زیانێ نیە لە زانینی جێگەی واقیعیداو عەلاقەی یە بە بیرو باوەڕەوە .

پرسیاری دوەم ئەمەیە : چلۆن خودای تەعالا ئەو نەتەوەیە لە پشتی ئادەم دەرکردوە ؟ وەلامی ئەمە ئەوەیە : لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە کە خودای تەعالا بە قودرەتی خۆی ئەوانەی دەرکردوە وەکو مێروولەی وردی زۆر ورد وەکو عەرەق لە لەشی مرۆڤ دەربێ .

پرسیاری سێهەم : ئەمەیە : چۆن ئەم مێروولە وردانە جوابی خودایان داوە بە کەلیمەی (بلی) ؟ ئایا ئەمانە زیندوو بوونو عاقڵ بوونو بە زمان جوابیان دایەوە یاخود چۆن ؟ وەلامەکەی : زاهیر وایە زیندوو هۆشیار بوونو بە زمان جوابیان داوەتەوەو ئەمە بە عەقڵ مومکینە .

پرسیاری چوارەم : مادام ئەوان هەموو بە (بلی) جوابیان دایـەوە چۆن نەبێ لە عالەمی (ظهور)دا بازێکیان بە موسوڵمانو بازێکیان بە کافر دەرچن ؟ وەلامی ئەمەیە : هەموو ئیقراریان کرد بەوە کە خودا پەروەردگاری ئەوانە لەبەر هێرشی هەیبەتی خودای تەعالا بەلام لە عالەمی ظوهوورا کە نەفسو هـەواو مەوانیع پەیـدا بوون بەشی زۆریان لـەو پەیسانە پاشگەز بوونەوە وەکو ئەو کەسانە کە زانای هەموو شتێکنو کەچی گوێ بە فەرمانی خودا نادەن .

پرسیاری پێنجەم ئەمەیە : ئەگەر ئەم عەهدو پەیسانە بەسراوە ئیستە ئیمە بۆچی بیرمان ناکەوێتەوە ؟ وەلامەکەی ئەمەیە : ئەو پەیسانە لـە لای خاوەن صەفاکان مەعلوومە وەکو ئەڵێن بیسراوە لە گـەلێ پیـاوە گەورەکان فەرموویەتی : من بیرم دێ ئەو پەیسانە چۆن بوە . وە باقـی موسوڵسانەکان لەو پایەدا نین بە پەردەی گوناه یا بە هۆی غەفڵەتـی نەفسەوە ئەو عەهدو پەیسانەیان لە بیر چوەتەوە . نابینن کە ئینسـان

بە بازێ کارەسات کە بە سەریا دێن گەلێ ئەحواڵو مەعلووماتی خـــۆی لەبیر ئەچێتەوە •

پرسیاری شەشەم : ئەمەیە ئایا ئەو (ذەڕاتە) لە شێوەی ئینساندا بوون یا نە ؟ وەڵامی ئەمە ئەوەیە : لەم بابەتەوە دەلیلێ بە ئێمە نەگەیشتوە •

پرسیاری حەوتەم ئەمەیە : ئایا ئەو ذەڕاتە لە پێش دەرچوونیانـــا گیانیان کراوە بە بەردا یاخود لە پاش دەرچوونیان ؟ وەڵامەکەی ئەمەیە : فەرمووبانە کە لە پێش دەرچوونیاندا زیندووکراونەتەوە . وەکو منداڵێ لە سکی دایکیدا گیان ئەکرێ بە بەریا •

پرسیاری هەشتەم : حیکمەت لەم عەهدو پەیمانەدا چیە ؟ جوابەکەی ئەمەیە : حیکمەت دامەزرانی حوجەتە لەسەر ئەوانە کە وەفایان بەو پەیمانە نەکردوە •

پرسیاری نۆهەم : ئایا بە زیندوویی ئیعادە کرانەوە بۆ پشتی باوکیان یا لە پاش مردنیان ؟ وەڵامی ئەمەیە ٠ زاهیر وایە لە پاش وەرگرتنـــەوەی گیانیان •

پرسیاری دەهەم : ئەرواحی ذەڕات ، پاش ئیعادەی ئەمانـــە بـــۆ پشتی باوکیان . بۆ کوێ چوون ؟ وەڵامەکەی : دەلیلێکـــان دەســـ نەکەوتوە لەسەر دیاری کردنی شوێنی ئەوانە •

پرسیاری یازدەهەم : لە حەدیثا ئەفەرموێت (ذریە) کان لە پشـــتی ئادەم دەرکران وە ئایەتەکەیش ئەفەرموێت لە پشتی باوکـــی خـــۆیان ! وەڵامەکەی ئەمەیە : کە حەدیثەکە تەفسیرە لە بۆ ئایەتـــەکـــە . بـــەڵام ئیکتیفای تێدا کردوە بە باسی ئادەم لە باسی ئەولادەکانی •

پرسیاری دوازدەهەم : ئایا ئەو عەهدنامەیـــە وا لـــە کوێـــدا ؟ وەڵامەکەی ئەمەیە : هاتوە لە حەدیثا کە ئەو نامەیە خراوەتـــە (حجـــر الاسود)ەوە . وە ئەمە هەرچەن بۆ ئێمە روون نیە بەڵام ئـــەتوانـــین ئیکتیفا بکەین بە ئیمانو تەماشای بکەین بە واقیعو راست •

بە تایبەتی لەم باسەدا ئەڵێم : لە هەر لایێ شتێ لە ئومووری دینی دائیر بو مادام موافیقی عەقڵو عادەت بێ ئەوە جێگەی قسەو باس نیە ، وە ئەگەر عەقڵ وەری گرتو بەڵام خیلافی عادەت بو وەکو ئەم باسە کە ئیستە قسەمان لێ کرد ، ئەوە ئەگەر دەلیلێکی واقیعی لە کیتاب یا لە سوننەت لە سەری بو ئەوە پێویستە موسوڵمان باوەڕی پێ بکا وەکو (تەسبیح) کردنی وردە بەرد لە دەستی حەزرەتا ـ د ـ و تەسبیح کردنی پەلەوەر لەگەڵ حەزرەتی داودا ـ د ـو شەهادەتی دەستو پێی ئینسان لە رۆژی قیامەتا لەسەر ئینسان ••• وە وێنەی ئەمانە کە زۆرن لە دینا بە تایبەتی خودا ئەفەرموێت : (یسبح لله ما في السموات وما في الارض وهو العزیز الحکیم) •

سێهەم لە باسەکان ئەمەیە : موفەسیری مەشهوور بەیضاوی رەحمەتی خودای لێ بێ لە تەفسیری (واذ اخذ ربك من بني آدم •••)دا فەرمووبەتی : یانی خودا بەڵگەی خوایەتی خۆی بۆ دانانو عەقڵو بیریانی وا لێ کرد بڕوا بەو بەڵگانە بکەنو وایان لێ هات چوونە جێگەی ئەوانەی کە خودا رووی خیطابیان بە (الست بربکم ؟) لێ بکاتو ئەوانیش بڵێن (بلی) بەڵام عەللامە (طیبی) لە بەرابەری ئەم بیرەدا فەرموویەتی : ئەگەر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا تەنیا حەدیثێ بوایە کە حەزرەتی عومەر ـ خ ـ ریوایەتی کردوە ئەوە لەوانە بوو لەسەر ئەو تەئویلە بڕۆین بەڵام لەم ئایەتەدا حەدیثی ئیبنو عەبباس هەیە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : (اخذ الله المیثاق من ظهر آدم (بنعمان) ، یعنی : عرفة . فاخرج من صلبه کل ذریة ذرأها ، فنثرهم بین یدیه کالذر ، ثم کلمهم قائلا : الست بربکم ؟ قالوا : بلی شهدنا • وهذا الحدیث مخرج في کتاب النسائي لا یحتمل من التأویل ما یحتمله حدیث عمر رضی الله عنه . لظهور المراد منه • اقول : لان قوله ـ ص ـ (ثم کلمهم قائلا) بایراد التکلیم والقول کالصریح في ان الاشهاد هو التکلیم والقول والجواب ایضا

القول الحقيقي . والا لما كان لايراد التكليم وايراد القول كبير وجه انتهى المقصود منه •)

وەلحاصل تەئویلی بەیضاوی بۆ ئەم ئایەتە رێك ناكەوێ لەگەڵ ئەو حەدیثانەدا كە لە بەیانی ئایەتەكەدا هاتوون بە تایبەتی حەدیثی ئیبن‌و عەباس كە نەصە لەوەدا ئەم واقیعە لە عەرزی (نعمان)دا لە عەرەفاتـــا بـــوە لـــە خاكی مەكەدا وە لەفزی تەكلیم‌و قـــەول لـــە حەدیثەكـــەدا زاهیرە لە مەعنای مەشهووردا ؛ كە وابێ هەر لەسەر زاهیری ئایـــەت‌و حەدیثەكە بڕۆین جوانەو پێویست نیە بە بێ داعی تەئویلی ئەم ئایـــەت‌و حەدیثە بكەین •

چوارەم : بازێ لە زاناكان فەرموویانە كە خودای تەعالا ئەرواحی لە پێش ئەجسادا دروست كردوەو ئەم بیرە بیری جومهوری (متكلمين)و محەمەدی كـــوڕی نەصری مروزی‌و ئیبن‌و حـــەزمی ظاهـــیری ئەندلوسی‌و غەیری ئەمانەیشە لە عولەما • وە لەم هۆوە ئیستیدلال ئەكەن بە حەدیثێ كە عەمری كوڕی عەبەسەی سەلەمی ریوایەتـــی كـــردوەو فەرموویەتی : (سمعت رسول الله ـ ص ـ يقول : ان الله خلق ارواح العباد بالفى عام فما تعارف منها ائتلف وما تناكر منها اختلف) وە ئەم زانایانـــە ئیستیدلالیان كردوە لەسەر قسەی خۆیان بە چەن ئایەت‌و ئاثارێ . ئەوانە : ئایەتی (واذ اخذ ربك من بني آدم) وە فەرموویانە : ئـــەم ئیستیشهـــادو ئیستینطاقە بۆ رۆح ئەبێ چونكە لەو كاتەدا ئەجسادەكان مـــەوجـــوود نەبوون •

جا من ئەڵێم : ئەگەر ئینسان بێتە سەر تەئویلی ئەو ئایەتـــە باشـــ ئەوەیە كە تەئویلی بكا بە قسەكردنی زاتی خودا لەگەڵ نەفسی ئەرواحی ئەو بەنی ئادەمەدا ؛ چونكی ئەرواح بۆ هەموو كەلام‌و خیطابێ قابیلن •

وە بازێ لە ئەهلی تەصەوف ئەفەرموون : عالەمی (مثال) هەیە كـــە عالەمێكی عەجیبەو لە بۆ هەموو یەكێ لە مەوجوودات لە زەوی‌و ئاسمانا

وێنەیەکی تایبەتی هەیە نەك تەنیا تاقە وێنەیێ ، بەڵکو وێنەی هەمو حاڵێکی . مەسەلا وێنەیێ بۆ کاتێ لە دایك ئەبێ‌و وێنەیێ بۆ باقی حاڵەکانی کە بە سەریا دێت . واتە کاتی منداڵی‌و . موراهیقی‌و ، باڵغی‌و ، جوانی‌و ، کامڵی‌و ، پیری‌و ... هەر شتێ بەسەر ئەم مەوجووداتەدا بێ لەم جیهانەدا لە پێش ئەوەدا بەسەر ئەوا بێت لە عالەمی میثالدا هەیە . وە ئەو ئەصڵەو ئەم عالەمە فەرعەو لەو کاتەوە کە کائینات دروست کراوە ئەویش هەیە . وە مەلا سەعد لە شەرحی مەقاصیدا ئەم باسە نەقڵ ئەکا بەلام لە ئاخرا ئەڵێت : ئەهلی تەصەوف بۆ ئیسباتی ئەم میثالە شوبهەیەکیان نیە . چ جای ئەوە کە بەڵگەیان بێ .

من ئەڵێم : ئەهلی تەصەوف فەرموودەکەیان لەسەر موکاشەفاتی ویجدانی‌و عیلمی قەلبی خۆیانە ، وە هەرکەسێ لەوانە بگاتە ئەو پایەمە کەشفی عالەمەکە ئەکاو هەرکەسێك نەگات بەو حاڵەتەو تابیعی ئەوان بێ باوەڕ ئەکا ، وە هەرکەس باوەڕ نەکا با نەی‌کا ، خۆ ئەم باسە باسێ نیە کە بناغەی باوەڕی موسوڵمانان بێ بەڵکو لە بابی مولهەمات‌و مەکشووفاتە .

جا لەسەر باوەڕی ئەهلی تەصەوف ئەگەر تەئویلی ئایەتی (واذ اخذ ربك) بکرێ بە خیطابی خودا لەگەڵ ئادەم‌و ئادەمیزادا لە عالەمی میثالدا دوور نیە . بەڵکو لە قسەکردن لەگەڵ رۆحی تەنیا جوانترە .

گێڕانەوەیەکی ناسك لە بابەتی عالەمی میثال :

لەو چەرخەدا کە مودەرریس بووم لە (بیارە) چەن جار لە خوالێخۆش بو شێخی بیارەم ـ عەلادین ـ (خ) بیستوە ئەیفەرموو : جارێ لە خزمەتی باوکمدا شێخ عومەر ـ ضیاءالدین ـ (خ) لەوبەری (سیروان) لە دێی (گومە)دا بووم کۆمەڵێ خەلیفەو مەنسووب لە سلێمانیەوە هاتن بۆ زیارەتی . رۆژێ لە کۆڕێکدا قسە لە عالەمی

(میساب) کرا . باوکم فەرمووی : عالمـەکان باوەڕ ئەکـەن یا نایکـەن مەقسوود نیە . من خۆم عالەمی میثالم بە شەخسی خۆم کەشف کردووەو بە حوزووری میثالی حەزرەتی پێغەمەر گەیشتووم ، میثالی کاتـی مندانی کە لای (حەلیمەی سەعدیە) بوە لەو دەشتەدا ، وە میثالـی ئەو کاتەی کە وەحی بۆ هاتوەو بوە بە پێغەمەری خوداو میثالـی کاتـی میعراجی . وە ئەهلی مەجلیسەکە بە عەقیدەو باوەڕەوە یان لە بەر موجامەلە تەصدیقیان کرد .

سێ رۆژ پاش ئەو قسەو باسە چەن سوارێ لە لایەنی بەگـزادەی (شەرەفبەیانی)یەوە هاتن بۆ خزمەتی باوکم کە خاڵۆ رۆستەم بەگ بە گوللە پێکراوەو لە کاتێکا ئاگای لە خۆی بوە داوای کردوە شێخ عومەر بێت بۆ سەری .

باوکم ئەمری کرد لەگەڵ چەن کەسێ لەو ئەهلـی موزاکـەرەی میثالەدا رۆیشتین بۆ لای خاڵۆ رۆستەم بەگ . کـە رۆیشـتین بـۆ لای بێهۆش بو وە راکشا بو پاش ماوەیێ کەم باوکـم فەرمـووی : لـەم رۆژانەدا ئێمە باسی عالەمی میثالمان کرد . وە ئێستە من مەشغووڵ ئەبـم و تەماشای میثالی خاڵۆ رۆستەم بەگ ئەکەم لە عالەمی میثالدا . ئـەگەر لەوانە بێ بەم کارەساتە نەمرێ من لەوێدا لەشی بەرز ئەکـەمـەوە تـا رائەوەستێتە سەر پێ جا رای ئەکێشمەوە ، وە ئەگەر وا حالـی بـووم ئەمرێ دەستی لێ نادەم . ئێوە موراقەبەی خاڵۆ رۆستەم بەگ بکـەن ! پاش ئەوە شێخ مەشغووڵ بو بە نزیکەی چارەکێ تەماشامان کـرد خاڵـۆ رۆستەم بەگ لە خۆیەوە راستەوە بوو راکشاوە ، وە لە پاش چەن دەقیقە باوکم سەری بەرزەوە کرد ، فەرمووی : لە عالەمی میثالدا میثالی خاڵـۆ رۆستەم بەگم چاو پێکەوت و حاڵی بووم بەم کارەساتە نامـرێ و راسـتم کردووەو رام‌کێشایەوە . ئێوە چیتان چاو پێکەوت ؟ ئێمەیش عەرزمان کرد : کە چاومان کەوت بە خاڵۆ رۆستەم بەگ راستەوە بوو راکشایەوە . وە زۆر

باوەڕمان بە ئیدراکی باوکم زیاد کرد • وە لە واقیعا خاڵۆ ڕۆستەم بەک پاش چەن ڕۆژێ شیفای بۆ هاتو برینەکانی خۆش بوونەوە •

مەبەستم لەم حیکایەتە ئەمەیە کە عالەم گوشادەو عیلم بە ئیعتیبارەو هەرچی موخبیری صادق خەبەری پێداوە یا بە شێوەیەکی ڕاست گەیشت بە ئێمە پێویستە باوەڕی پێ بکەینو حاڵی خۆمان نەکەین بە میزان • (وما اوتیتم من العلم الا قليلا)•

★ (وكَذلِكَ نُفَصِّلُ الآياتِ ولَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) (١٧٤) ★

ئا بەم تەفسیلە بە مەغزەو بە سوودە ئایاتو دەلائیل نیشان ئەدەیـــن بۆ ئومەت بەڵکو بگەڕێنەوە لە باتڵو لە دواکەوتنی شتی پووچ بۆ سەر حەقو حەقیقەتو بۆ ڕەفتار کردن بە دینی ئیسلام •

جا بۆ ئـــەوە کە حەزرەتی پێغەمەری خۆشەویشت ئامۆژگاری جوولەکەکانی مەدینەی مونەووەرە بکا کە بە هۆی بازێ لە زانستی تەورات بایی نەبن لــە خۆیانو لەسەر فەرمانی ڕاستی خودا دەوام بکەن خودای تەعالا فەرمووی :

★ (واتْلُ علَيْهِم نَبَأَ الَّذِي آتَيْناهُ آياتِنا فانْسَلَخَ مِنْها فأتْبَعَهُ الشَّيْطانُ فَكانَ مِنَ الغاوِينَ) (١٧٥) ★

واتە ئەی پێغەمەری خۆشەویست بخوێنەرەوە بەسەر جوولەکەکانـی مەدینەدا وە یا بەسەر ئەهلی عیلموماریفەتی قەومەکەتا •• دەنگو باسـی ئەو زانایە کە عیلمو ماریفەتمان پێدابو بـــە ئایەتەکانی خۆمان بـــۆ ئەوە ڕەفتاری پێ بکاتو ڕێگەی خۆی پێ بگرێ کەچی لــەو عیلـــمو زانستیە داڕنرا ، واتە ئەو لیباسە پاکەی لەبەر داکەنرا لەبەر بەدبەختـــی خۆیو ئارەزووی نەفس جا بو بە ئینسانێکی خراپی وا کە شەیتان کەوتـە شوێنی . یانی ئەوەندە کاری ناباری ئەکرد یەکێ ئەیوت ئەم کابرا مامۆستای شەیتانەو دەرز بە شەیتان ئەڵێ ! یاخود پاش ئەوە کە شەیتان کافری کرد

شەیتان کەوتە شوێنی بەهەر لایەکدا بڕۆیشتایە شەیتان ددنگ‌و بسێکی خراپی ئەخستنە شوێنی‌و بە پیاوێکی گومڕاو نابار دەرئەچوو •

بازێ لە ئەهلی تەفسیر ئەڵێن ئەو شەخسە (بلعام) ناوی کوڕی (باعورا) بوە کە لە زانایانی بەنی ئیسرائیل بوە نە زەمانی حەزرەتی مووسادا ـ د ـ • ئیبن‌و مونذیرو ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەتیان کردوە لە مالیکی کوڕی دینارەوە ئەڵێت : حەزرەتی موسای کوڕی عیسران ـ د ـ بەلعامی کوڕی باعورای نارد بۆ لای پاشای (مدین) بۆ ئەوە کە ئامۆژگاری بکات‌و دەعوەتی بکا بۆ دینی موسا • کاتێ گەیشتە لای کابرا زۆر حورمەتی بەلعامی گرت‌و گەلێ مولك‌و ماڵی پێداو رازی کرد کە لە عەرزی ئەوا بمێنێتەوە ئەویش رازی بوو لە لای پاشای مەدیەن مایەوە •

جا حەزرەتی موسا بە ئەمری خودای تەعالا دەری کردو نە ئەنجاما کابرا بو بە یەکێ لە نامەردەکانی رۆژگار •

وە عەبدی کوڕی حەمیدو نەسائی‌و ئیبن‌و جەریرو ئیبن‌و مونذیرو ئیبن‌و ئەبی حاتەم‌و ئەبو شێخ‌و طەبەرانی‌و ئیبن‌و مەردەوەیهی ریوایەتیان کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە فەرموویەتی : مەبەست لە (الذي آتيناه آياتنا) ئومەییەی کوڕی ئەبو صەلتی ثەقەفییە •

وە ئیبن‌و عەساکیر ریوایەتی کردوە لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە ئەڵێت : فاریعەی خوشکی ئومەییە هات بۆ خزمەتی حەزرەت ـ د ـ لە پاش فەتحی مەکە حەزرەت پێی فەرمو : هیچ شیعرت لە شیعرەکانی ئومەییەی برات لەبەرە ؟ وتی : بەڵێ • لەوێدا حەزرەت فەرمووی : (ان مثل اخيك كمثل الذي آتاه الله آياته فانسلخ منها) •

وە ئومەییە لە پێش عەهدی ریسالەتی حەزرەتا رۆیشت بۆ (بەحرەین)و حەزردت بو بە پێغەمەری خوداو ئومەییە هەشت ساڵ لە بەحرەین مایەوە ؛ جا ئومەییە هات گەیشت بە پێغەمەر ـ د ـ لەگەڵ کۆمەڵێ

لە ئەصحابەکانیاو حەزرەت بانگی کرد بۆ قەبوولی دینی ئیسلامو سوورەتی یاسینی لە ئەووەڵەوە تا ئاخر بە سەردا خوێندەوە. جا ئومەییە هەستاو ڕۆیشت بۆ ناو (قورەیش) ئەوانیش لێیان پرسی : ئەی ئومەییە دەربارەی موحەمەد چی ئەڵێیت ؟ وتی : شایەتی ئەدەم کە موحەمەد لەسەر حەقە . وتیان : تۆ شوێنی ئەکەوی ؟ وتی : با بزانم چۆن ئەبێو فکری حاڵی خۆم بکەم . وە لە پاش ئەمە ئومەییە ڕۆیشت بۆ شامو لە شام هاتەوە بە نیازی ئەوە موسوڵمان ببێ . کاتێ باسی کوژراوەکانی (بەدر)ی بیست تەرکی ئیسلامیەی کرد . واتە موسوڵمان نەبوو ڕۆیشت بۆ (طائف)و لە طائیفدا مرد . وە ئایەتی (واتل علیهم نبأ الذي آتیناه آیاتنا فانسلخ منها ...) لە شانی ئەودا هاتە خوارەوە .

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە دەرحەق بە هەرکەسێ کە خودای تەعالا علمو زانیاریەکی باشی پێبداو شاتێکی ببێ کەچی ئەو کەسە ئەو پایەو مەقامی خۆیە زایە بکاو لەو زانیاریە سوود وەرنەگرێ . بەڵکو سەرفی بکا لە ڕێگەی چەوتو نالەبارا ، وەکو زانایانی بێ دینو پێشەوایانی دین فرۆشو خاوەن حورمەتو شانەکانی ئارەزوبازو دنیا خواه .

★ (وَلَوْ شِئْنا لَرَفَعْناهُ بِها) ★

ئەگەر خواستمان ببوایە ئەو شەخسەمان لە مەقامی دیندا بەرز ئەکردەوە بە هۆی ئەو ئایەتەوە کە پێمان داوە .

★ (وَلٰكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَواهُ) ★

بەڵام ئەو شەخسە مەیلی لای زەوی کرد ، واتە بۆ لای پەستیو سووکیو دنیا پەرستیو کەوتە شوێنی هەوای نەفسی خۆی .

★ (فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الكَلْبِ : إِنْ تَحْمِلْ عَلَيهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ) : ★

جا حاڵو وێنەی ئەو کەسە وەکو سەگ وایە : ئەگەر هێرش بەیتە سەری زمانی درێژ ئەکاو زمان لە دەمی دەردێنێ ، وە ئەگەر وازیشی لێ بێنی هەر زمان دەردێنێو خەریکی هاسکە هاسکی خۆی ئەبێ لەبەر حیرصی خۆی •

★ (ذٰلِكَ مَثَلُ القَوْمِ الَّذينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنا) : ★

ئەوەی باسسان کرد لە حاڵی سەگ ئەوە وێنەیە بۆ حاڵی ئەوانە کە ئایاتو موعجیزاتو هەواڵی رەهبەرانی من بە درۆ ئەخەنەوە ، ئەوانە هەموو حەریصن لەسەر تەماعی دنیاو ئارەزووی شانو پایەو مایەی دنیایی‌و بۆ هەموو حاڵێ وان لە تەنگە نەفەسی‌و زمانە ملاسکێو هەنکە هەنکدا بە دووی هەوای خۆیانا •

★ (فاقْصُصِ القَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) (١٧٦) ★

جا ئەم چیرۆکی بەلعەمە بگێڕەوە بەسەر جوولەکەکاندا بەلکو وردببنەوە لە حاڵی ئەوو حاڵی خۆیانداو بە هۆی ئەوەوە تەمێخوار بین •

★ (ساءَ مَثَلاً القَوْمُ الَّذينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنا وَاَنْفُسَهُمْ كانُوا يَظْلِمُونَ) (١٧٧) ★

زۆر خراپو ناهەموارە لە هۆی حاڵەوە سیفەتو وێنەی ئەوانە کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوەو ئەوانە بە هۆی ئەو بێباوەڕی‌و بێموبالاتی بە ئایاتە هەر ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردو خۆیان بەدبەخت کرد ئەنا ئێمە زیانمان لێ ناکەوێو لە ئەحوالی چاکو خراپی عالەم باکمان نیە •

★ (مَنْ يَهْدِ اللهُ فَهُوَ المُهْتَدِي) ★

هەرکەسێ خودا هیدایەتی بداو چاودێری بکا ـ وە ئەم هیدایەتو چاودێریە لەسەر بەراورد بۆ ئەو کەسانەیە کە حاڵیان میانەیە بەرابەر بە فەرمانی خوداو بێ ئینساف نین ـ ئەوە هەر ئەوانەن کە هیدایەت وەرئەگرنو بە ئەنجامی چاك ئەگەن •

★ (ومَنْ يُضْلِلْ فاُولئكَ هُمُ الخاسِرونَ) (١٧٨) ★

وە هەرکەسێ کە خودا چەپۆکی سیاچارەیی بدا بە سەریا ـ وە بە بەراورد ئەمانەیش ئەو کەسانەن کە ڕێگەی ئارەزووبازی ئەگرنەبەرو بە هۆی خۆپەرستیو بێ ئینصافیەوە دڵ نادەن بە ئامۆژگاری ڕەهبەرانو خۆیان بە بێ لایەنی ورد نابنەوە لە نەفسی خۆیانو لە ئەحواڵی جیهاندا ـ جا هەر ئەوانەن زیانکارو خەسارەتبارو ئەنجامی بەد هەر بۆ خۆیانەو بەس •

★ (ولَقَدْ ذَرَأْنا لِجَهَنَّمَ كَثيراً مِنَ الجِنِّ والاِنْسِ) ★

وە بە ڕاستی ئامادەمان کردوە بۆ چوونە دۆزەخو بۆ ئازاردان گەلێ کەس لە پەریو لە ئادەمیزاد ، ئەوەیش لەبەر ئەوە نیە کە خۆبەخۆ بە بێ هۆ وامان کردبێ ، بەڵکو لەسەر ئەوە بوە کە عیلمو ئیدراکمان ئیحاطەی داوە بە ئەحواڵی ناهەموارو بەدکاریو گوێنەدانیاندا بە بەڵگەو ئایاتی ئێمەو ، لەبەر ئەوە •

★ (لَهُمْ قُلوبٌ لا يَفْقَهونَ بِها ولَهُمْ اَعْيُنٌ لا يُبْصِرونَ بِها ولَهُمْ آذانٌ لا يَسْمَعونَ بِها) : ★

دڵێکیان هەیە کە ڕاستی پێ وەرناگرنو گوێیان قسەی باش نایبیسێو بە چاوەکانیان شت نابینن بە جۆرێ بیکەن بە دەلیل لەسەر ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕاستا •

لە واقیعدا حەواسی ئینسان مەئمورو خزمەتکاری دڵن ، هەرچی کە دڵ فەرمان بدا ئەوان ئارەزووی ئەوە ئەکەن ، دەی مادام دڵی کافران بە بیری بەد تاریك بوە حەواسیش لەسەر ئەو شێوەی تاریکیە ئەڕۆنو نە دڵ خێر لە حەواس ئەبینێو نە حەواس ڕوو ئەکەنە شتی بەسوود ، جا لەسەر ئەم وەزعەیە خودا فەرموویەتی :

★ (اولئِكَ كالاَنْعامِ بَلْ هُمْ اَضَلُّ ، اولئِكَ هُمُ الغافِلونَ) (١٧٩) ★

ئەو كافرانە كە پەیڕەوی رەهبەر ناكەن‌و سوود لە چاوو گوێ‌و دڵیان وەرناگرن وەكو مەڕو بزن وانە لەوەدا كە دڵێكی خاوەن سوودیان نیە ، بەڵكو ئەمانە گومڕاترو دوورترن لە حەیوانات لەبەر ئەوە كە زۆر رۆچوون بە غەفڵەت‌و بێ‌ئاگاییدا . وەكو ئینسانی سەرسام هەرچی هەوڵی لەگەڵا بدەی بێ سوودە ، بەڵام حەیوانات بە زۆری شوانەكەیان گردئەبنەوەو لە زیان دوور ئەكەونەوە •

جا لەبەر ئەوە كافرانی مەكە بێ شەرمییان ئەكرد لە بەكارهێنانی ناوەكانی خوداداو ئینكاری بازێكیان ئەكردو بازێكیان ئەگۆڕی‌و ئەیانكرد بە ناو بۆ بتەكانیان . مەسەلا كەلیمەی (الله)یان ئەكرد بە (لات)و كەلیمەی (عزیز)یان ئەكرد بە (عزی)و (منان)یان ئەكرد بە (مناة) •• خودا فەرمووی :

★ (وللهِ الاَسْماءُ الحُسْنى فادْعوهُ بِها وذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدونَ في اَسْمائِهِ) ★

بۆ خودایە ناوە جوانەكان بانگ بكەن لە خوداو بپاڕێنەوە لێی بەو ناوانەو بڵێن : (یا الله ، یا رحمن ، یا رحیم ، یا عزیز . یا منان •••) واز لەو كافرانە بهێنن كە لە بەكارهێنانی ناوی خودادا لە رێگەی راست لائەدەن‌و ناوەكانی بە كەم‌و زیاد ئەگۆڕن‌و (الله) ئەكەن بە (لات)و بۆ بتەكانیانی بەكار دێنن •

★ (سَيُجْزَوْنَ ما كانُوا يَعْمَلونَ) (١٨٠) ★

لە داهاتوویەكی نزیكدا . لە دنیادا یا لە قیامەتا . جەزایان ئەدرێتەوە لەسەر ئەو كردەوە نابارانە كە ئەیانكەن •

بزانن ! خودای تەعالا لە چوار سوورەتی قورئانا جوملەی : (لە الاسماء الحسنی)ی فەرموە : لەم سوورەتەدا ، لە سوورەتی بەنی ئیسرائیلدا . لە سوورەتی طاهـادا ، لە سوورەتی حەشردا • وە ئەسمای

حوسنا بۆ زاتی خودای تەعالا بریتین لەو ناوانە کە لـە قورئانی پیرۆزو حەدیثی شەریفدا هاتوون ، وەکو باسیان ئەکەین ، خواه ئیسمی زات بن وەکو (الله) یا ئیسمی (صفة) بن وەکو (خالق ، رازق ، هادي •••)و غەیری ئەمانەیش •

وە زاناکان قسەیان کردوە لـەوە ئایا دروستە ئینسان غەیری ئـەو ناوانە کە وارید بوون لە کیتابو سونئەتدا بەکاری بێنی یانە ؟ وە راجیح ئەوەیە کە دروست نیە غەیری ئەوانە ئیستیعمال بکا ؛ چونکە ئەبێ بـە ئیلحاد لە ئەسمادا بە تایبەتی ئەگەر بۆنی نوقسانی لێ بێ وەکو (زارع ، حارث ، عارف ، عاقل •••)وە لە (مواقف)و شەرحەکەیا ئەڵێ : ئـەو ناوانە کە (توقیف)و ئیزنیان لەسەر هاتوە بینا لە مەشهووری عام نەوەدو نۆ ناون • لە بوخاریو موسلیمدا هاتوە : خودا نەوەدو نۆ ناوی هـەیە هەرکەسێ لەبەریان بکاو رەفتار بە حوقووقیان بکا ئەچێتە بەهەشت • وە لە بوخاریو موسلیمدا دیاری نەکراون ، بەڵام ترمذیو بەیهەقی دیارییان کردووە ، وەکو لە کتێبی (دلائل الخيرات)دا نووسراون •

وە لە مەواقیفدا تەرجەمەی ئەم عیبارەتە هەیە ئەفەرموێت : لەبـەر ئەوە فەرمووی (لەسەر مەشهوور نەوەدو نۆ ناون) ؛ چونکی تەوقیف بـە غەیری ئەوانەیش وارید بوە ، هەرچی لـە قورئاندا وەکو (مولىو ، نصيرو ، غالبو ، قاهرو ، قريبو ، ربو ، ناصرو ، اعلىو ، اكرمو ، احسن الخالقينو ارحم الراحمينو ، ذي الطولو ، ذي القوةو ، ذي المعارجو) لە حەدیثیشا وەکو (حنانو ، منان)وە لە ریوایەتی ئیبنو ماجەهدا چەن ناوێ هەن کە لە ریوایەتی مەشهوورەدا نین وەکو (تام)و (قديم)و (وترو)و (شديد)و (كافي) ••• و غەیری ئەمانەیش •

وە لەم جێگەدا موناسبە ئێمە هەموو ئەو ناوانە ، لە مەشهوورو غەیرە مەشهوور ، لەسەر ئاگاداری خۆمان بنووسین ، وە لەسەر ریزی حورووفی هیجاء ئەڵێم ئەو ناوانە بریتین لەمانە کە دێن :

(الله ، الاحد ، الاول ، الآخر ، الاكرم ، الاعلى ، احسن الخالقين ، ارحم الراحمين ، البر ، البارىء ، الباقي ، الباسط ، الباطن ، الباعث ، البصير ، البديع ، البرهان ، التواب ، التام ، الجواد ، الجميل ، الجامع ، الجبار ، الحق ، الحي ، الحسيب ، الحميد ، الحاكم ، الحكم ، الحكيم ، الحليم ، الحافظ ، الحفيظ ، الحفي ، الخبير ، الخالق ، الخلاق ، الدائم ، ذو الجلال والاكرام ، ذو الطول والانعام ، ذو القوة المتين ، ذو المعارج ، الرفيع ، الرقيب ، الرؤف ، الرزاق ، الرحمن ، الرحيم ، رب المشرقين والمغربين ، رب العالمين ، الستار ، السميع ، السلام ، الشاكر ، الشكور ، الشديد ، الشهيد ، الصمد ، الصادق ، الصبور ، الظاهر ، العلي ، العالم ، العلام، العليم، العفو ، العزيز ، الغفار ، الغافر ، الغالب، الغني، الغفور ، الفاتح ، الفتاح ، الفاطر ، الفرد ، فالق الحب والنوى ، القيوم ، القدوس ، القادر ، القاهر ، القهار ، القدير ، القديم ، القريب ، قابل التوب ، الكريم ، الكبير ، الكفيل ، الكافي ، اللطيف ، المولى ، المالك ، الملك ، المليك ، المتكبر ، المتعالى ، المنان ، المبين ، المقتدر ، المنتقم ، المستعان ، الماجد ، المعز ، المذل ، المبدي ، المعيد ، المؤمن ، المهيمن ، المحي ، المميت ، المقيت ، المجيب ، المحيط ، المصور ، المعين ، النور ، الناصر ، النصير ، الولي ، الوالي ، الواحد ، الواجد ، الواسع ، الوارث ، الوتر ، الودود ، الوكيل ، الوهاب ، الهادي)وە بازێ لە زاناکان لەفزی (هو)ەی لە ناو ناوەکانا حسێب کردوە وەکو لە تەفسیری (روح المعاني)دا لە تەفسیری سوورەتی (اخلاص)دا باسی کردوە •

★ (وَمِمَّنْ خَلَقْنَا اُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ) (١٨١) ★

وه هـەر وەکو لـەم کۆمەڵە ئادەمیزادەدا گەلێ وا هەیە پەیڕەوی ڕەهبەران ناکەنو ئامادە بووون بۆ سزای دۆزەخ •• هەروا لەوانەدا کە دروستمان کردوون لە هەموو چەرخێکا ئوممەتێ هەیە کە خۆیان پەیڕەوی ڕەهبەریان کردوەو ڕێگەی ڕاستیان وەرگرتوه ، هەروا باقی ئادەمیزادیش شارەزا ئەکەن بۆ فەرمانی خودا بە نیشاندانی ئەحکامی ڕاستی واقیعی وە هەم بە تەطبیقکردنی حەق لە ناو ئادەمیزادا دادگەری بەجێ دێنن •

ئەم ئایەتە زۆر بە نرخەو ئەمەی وا تیا کە وەکو لە هەر چەرخێکدا قەومێکی ناباری ئاشووبکار هەیە کە موبالات بە حەق ناکەن •• هەروا لە بەرابەری ئەوانەوە قەومێکی ڕاستی ڕاساڵ هەیە خۆیان شارەزای حەقنو خەڵکینش شارەزا ئەکەن ، واتە خۆیان بە نیسبەتی وەزعەوە کامڵو ڕەسان پاش ئـەوە خەڵکیش تەربیەو تەمێ ئەکەنو لـە خراپەوە لایان ئەدەن بۆ چاکەو ڕێگەی سەرفرازی • وە لەمەوە دەرئەکەوێ مادام ئەوانە ئیتتیفاق بکەن لەسەر هەر حوکمێکی دینی واجبە پەیڕەوی ئەوان بکرێ ؛ چونکی قەومێ خودا شایەتییان بۆ بداو تەزکیەیان بکا لە واقیعدا دڵپاكو کردەوە چاکنو پەیڕەوی ئەوانە حەقەو لەسەر ئەم شێوە حەزرەت ـدـ فەرموویە : تا ڕۆژی قیامەت کۆمەڵێك لە ئوممەتی من لەسەر ڕاستی ئەمێننەوە •

★ (وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُمْ مِنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ) (١٨٢) ★

وه لەبەر ئەوە لەم شوێنەدا گومانی ئەو پرسیارە هەیە : ئایا ئەگەر قەومە باشەکان وجوودیان بە سوودە بۆ عالەمو لە لای خوادا بە حورمەتن چلۆن خودای تەعالا مەجالی ئـەو کەسانە ئەدات کە ئایاتی خودا بـە درۆ ئەخەنەوە ؟ جا لە وەلاما خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کـەوا فەرمانی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە ئێمە بە چاوی ڕێز بۆیان نارِوانینو هـەر بەرزییەكو نیعمەتێك بدرێ بەوانە بۆ تەفرەدانیانەو بۆ فەوتاندنیانەو ئەوانە

پلە پلە بەرزیان ئەکەینەوە بە شێوەیێ نازانن کە ئەنجامەکەی بەدبەختیەو دوایی ئەیانفەوتێنم •

★ (وأمْلِي لَهُمْ إنَّ كَيْدِي مَتِين) (١٨٣) ★

وە ماوەیان پێ ئەدەم بۆ رابواردن بەلاّم بۆ دەمار دەرهێنانیان ؛ چونکی رێزگرتنی دوژمنی راستی لە لایەنی ئێمەوە نیە ، وە ئەم شتە بەرچاویە کە لەگەڵ ئەوانا ئەکرێ وەکو فێڵ وایە بۆ فەوتاندنی دوژمن‌و بە راستی گرتنی ئەوانە زۆر توندەو بە جۆرێ داگیر ئەکرێن ماوەی هاناو هاواریان نامێنێ •

★ (أوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا ما بِصاحِبِهِمْ مِنْ جِنَّةٍ ؟ إنْ هُوَ إلاَّ نَذِير مُبِين) (١٨٤) ★

ئایا بیر ناکەنەوە لە حاڵی ئەم پێغەمەرەدا کە لەگەڵ ئەوانا ژیاوە کە بە هیچ شێوەیێ شێتی‌و دیوانەیی‌و بیروباوەڕی نابارو وتاری ناهەموارو کردەوەی نارێکی نەبوەو نیەتی ؟ ئەو ئینسانێکە پێغەمەرێکە ئادەمیزادو پەری ئەترسێنێ لە ئەنجامی ناشیرینی نافەرمانیی خودا •

★ (أوَلَمْ يَنْظُرُوا في مَلَكُوتِ السَّمواتِ والأرْضِ وما خَلَقَ اللهُ مِنْ شَيْءٍ ؟) ★

ئایا ناڕوانن بە چاوو بە دڵ بیرناکەنەوە لەم ئاساری موڵك‌و سەرداری خودادا لە ئاسماناو لە زەویدا لە نزمی‌و لە بەرزیدا لە وشکان‌و لە دەریادا هەتا بفامن کە ئەم کائیناتە کەوا رازاوەتەوە بە مادەی قووتی گیان‌و هۆی ژیان‌و بە رووناکی ئەستێرە بەرزەکان‌و بە بەرو بارەی کانی سەرعەرزەکان‌و لە هەر شتێك کە خودا دروستی کردوون هەتا ئەگەر شتێکی بە دیمەن بچووك بێ‌و بە نرخ سووك بێ لە حەقیقەتا چەن سوودی تێدایە ؟ ئایا بیر ناکەنەوە لەمانەدا هەتا ئەم یاسا بکەن بە دەلیل لەسەر ئەوە کائینات خاوەنی

هەیەو یاسای داناوەو ڕەهبەرانی ناردوە بۆ ئەوە کە هەموو کەسێ شوعوور بکا بە مەسئوولیەتی خۆیو بزانێ واجبە لەسەری حەقپەرستی بکاو بە سەربەسنی نەمێنێتەوە خۆ بۆ ژیانی جاویدانی دروست نەکراوە !

★ (وَاَنْ عَسى اَنْ يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ اَجَلُهُمْ) ★

وە بە ڕاستی واقیع ئەوەیە کە نزیکە ئاکام داوێنگیریان بێو مەیدانی کردەوەی باشیان نەمێنێ •

★ (فَبِاَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ؟) (١٨٥) ★

ئەگەر باوەڕیان نەبێ بەم قورئانە بەرزە شیرین تەرزە کە بە یاسایەکی ڕەوان ئامۆژگاریان ئەکات ئیتر پاش قورئان باوەڕ بە چ کتێبێ ئەکەن ؟

★ (مَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَلا هادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيانِهِمْ يَعْمَهُونَ) (١٨٦) ★

بە ڕاستی ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەم گەلە کافرە موشریکە بێ دەماخە ئەوەندە سەرکێشیو نافەرمانییان کردوە خودا قاری لێ گرتوونو گومڕای کردوون . وە هەرکەسیش خودا گومڕای بکا ئیتر کەس نیە هیدایەتی بداو بیگەیەنێ بە ئەنجامی خێر ، وە بەرەڵایان ئەکا لە ناو ئەو هەوابازیەدا کە بوە بە هۆی طوغیانو لادانیان لە حەق هەر سەرگەردان بن •

خودا پەنامان بدا لەو شتانە کە ئەبن بە هۆی گومڕاییو سابتمان بکا لەسەر ڕێگەی ڕاست •

★ (يَسْئَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ : اَيَّانَ مُرْسيها ؟) ★

پرسیارت لێ ئەکەن ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە کاتی ئاکامی ئەم جیهانە جوانە کەی دێتە جێ ، کەی ئەم وەزعە تەواو ئەبێو ئەم ئاسمانو زەوییە کەی تێك ئەچێ ؟

★ (قُلْ : إِنَّما عِلْمُها عِنْدَ رَبِّي لا يُجَلِّيها لِوَقْتِها اِلاَّ هُوَ) ★

تۆ لە وەڵامیانا بڵێ : زانستی کاتی نەمانی هەر لە لای خودایە ئەم کاتە تایبەتییە کە ئینسانی ژێر چاوەڕوانی ئەکا دەری ناخا لە وادەی خۆیا خودا خۆی نەبێ ، وە هەر ئەو ئەتوانێ شیرازەی ئەم جیهانە تێك بدا! •

★ (ثَقُلَتْ فِي السَّمَوات والأَرْضِ لا تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً) ★

زۆر قورسە ئەم کارەساتە لە ناو زانیارانا لە ئاسمانەکاناو لە زەویدا ، لە واقیعدا! هەر ئینسانی زانا حالی ئەبێ‌و ئەفامێ کە نرخی ڕووداوی جیهان چەندێکە • وە ئەو کارەساتە ڕوونادات‌و نایەتە لاتان لە ناکاوا نەبێ‌و لە زەمانێکی زۆر کورتداو کوت‌وپڕ •

پێغەمبەر ـ د ـ فەرموویە : بە تایبەتی جیهان تێك ئەچێ لە کاتێکدا پیاوێ وا لە ناو حەوزێ ئاوا پاکی ئەکاتەوە . وە پیاوێ سەرگەرمی ئاودانی مەڕو ماڵاتیەتی ، وە پیاوێ خەریکی فرۆشتنی قوماشی دووکانیەتی‌و ، پیاوێ مەشغوولی کێشانەی ئەو ماڵەیە ئەیفرۆشێ ••• و لەم کاتانەدا بە ناکاو دێت بەسەریاناو کارەکەیان بۆ تەواو ناکرێ ، خودای تەعالا تەوانایە بەسەر خواستی خۆیا کە بەجێی بێنێ لە کەمتر کاتا ، وە فەرموویەتی : ئیشی هاتن‌و بەجێهاتنی قیامەت وەکو چاو تروکاندنێکە •

★ (يَسْئَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا ، قُلْ : إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ اللهِ) ★

پرسیارت لێ ئەکەن بە تایبەتی‌و بە جۆرێ وەك ئەوە تۆ زۆر ئاگاداری لەو شتەو تۆ ئەیزانی ، بەڵام وا نیەو تۆ پێیان بڵێ : ئاگاداری لە نێکچوونی دنیاو هاتنی قیامەت هەر لە لای خودایە هەر ئەو لە نەبوون دروستی کردووەو هەر ئەو ئەتوانێ وێرانی بکاو هەر خۆی ئەزانێ کەی کۆتایی دنیا دێ •

★ (ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ) (١٨٧) ★

بەلاّم زورمەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن و گومانیان وایە کە غەیری خودایش ئاگادارە کەی دنیا تەواو ئەبێ ، لەسەر گومانی ناڕاستی خۆیان •

★ (قُلْ : لا اَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً ولاَ ضَرّاً إلاّ مَا شَاءَ اللّهُ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو ئادەمیزادانە : من خۆم خاوەنی سوودو زیانی خۆم نیم و هیچم لە دەستا نیە شتێ نەبێ کە خودا خواستی وابێ بە من بکرێ ، وەکو ئەوەی کە خودا بیخاتە دلّمەوە داوای بکەم و ئەویش بۆم بکات • وە هەر وەکو خاوەنی هیچ شتێ نیم لە ڕاکێشانی سوودو دوورخستنەوەی زیان بە خواستی خودا نەبێ •• هەروا لە خۆمەوە هیچ شتێکی پەنامەکی نازانم مەگەر بە هۆی ئەوەوە کە خودا تێم بگەیەنێ و پێم نیشان بدا •

★ (ولَوْ كُنْتُ اَعْلَمُ الْغَيْبَ لا سْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ ومَا مَسَّنِيَ السُّوءُ) ★

وە ئەگەر من خۆم لە خۆمەوە شتی پەنامەکیم بزانیایێ و بمزانیایە چ شتێ بۆم بە سوودەو چ شتێ زیانی هەیە بۆم زۆر شتی بە سوودم بۆ خۆم پەیدا دەکردو هەرگیز زیانم پێ نەدەگەیشت ، کەچی وایش نیە گەلێ سوودم لە کیس دەچێ و زۆر زیانیشم پێ دەگات •

★ (اِنْ اَنَا اِلاّ نَذِيرٌ وبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنونَ)(١٨٨)★

من هەر ئەوەندەیە ئینسانێکم ترسێنەرو موژدەدەری بە سوودم بۆ گەلێ کە ئیمانیان پێم هەیەو باوەڕم پێ ئەکەن •

وەلحاصڵ ئەم جیهانەو هەرچی وا لەم جیهانەدا هەر خودا لە نەبوونەوە دروستی کردوەو ئەو جۆرەیش لە مەخلووقات کە بە نرخە وەکو ئادەمیزاد هەر بوونیان بە زات و ئەحواڵ لە دەستی خودادایەو کەس هیچ شتێکی لە

دەسنا یە دروستی بکاو کەس لە خۆیەوە هیچ کارێکی پەنامەکی نازانێ هەتا خودا نیشانی ئەدا ؛ جا بۆ هەرکەسێ خواستی هەبێ بەرزی بکاتەوە ئیلهامی ئەسبابی بەرزەوەبوونی ئەکاو هێزی پێ ئەدا بەکاریان بێنێو بگات بە ئامانجی خۆیو بیەوێ هەرکەسێ زانا بکا بە شتێ ئەسبابی زانیاریەکەی پێ ئەدا . جا ئەگەر لە ئومووری عادەتی بێ ئەوە ئەسبابی ئەوەی پێ ئەدا ، بۆ وێنە : **کەسێ ئەنێرێ حالی ئەکات ، وە یا جیهازێکی بۆ ئەنێرێ** تەماشای ئەعزای نەخۆش بکا . وە یا تەماشای ئەستێرەکانی ئاسمان بکا . وە یا تەماشای چین چینی قوولی زەوی بکا . وە باش ئەوانە تێ ئەگات • وە ئەگەر شتەکە لە ئومووری غەیرە عادەتی بێ وەکو ئەو پەنامەکییانە لە پاشەڕۆژا ئەبێ خودای تەعالا شێوەی ئەوانە نیشان ئەدا • وە یا شتێ پەیوەندی بە دڵەوە بێ ئەوەی وا لە دڵا بە شێوەی ئیخبار بۆی دەرئەخا •

ئـەبێ بزانن (علم الغیب) بریتیە لـەوە بـە بێ واسیطەی خاریجی خاوەن علیمەکە بە دەوام شتی پەنامەکی بزانێو دەری بخات ؛ وە ئەمە هەر بۆ خودایەو بەسو هەرگیز بۆ کەس نیە • وە ئەوەی کە فریشتەکان بیزانن وە یا پێغـەمەران بیزانن وە یا پیاوانی راساڵ واتـە (اولیاء الله) بیزانن هەمووی بە ئاگادارکردنەوەو بـە ئیلهامە لـە لایەن خوداوە بۆ ناو دڵی ئەوانە . وە ئەوەندە هەیە کە زانیاری فریشتەکانو زانیاری پێغەمەران ــ دـ گومانی تێـدا نیـەو راستە ، بەڵام زانیاری ئەولیاو پیاوچاکان دەگونجێ راست دەرنەچێ • وە پایەی ئەمانە جیاوازە (وفوق كل ذي علم عليم) •

★ (هو الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ وجَعَلَ مِنْها زَوْجَها لِيَسْكُنْ إِلَيْها) ★

خودا خودایەکی وایـە کـە هەمووتانی دروستکردوە لە نەفسێکی تەنیاو هاوسەری ئـەو تاقە نەفسەیشی لـە زاتی ئەو وە یا لە سنفی ئـەو دروست کردوە تا لە گەڵیا ئارام بگرێو ژین بەرنە سەر •

★ (فَلَمَّا تَغَشَّيها حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفاً فَمَرَّتْ بِهِ) : ★

وە لە کاتێکدا لەگەڵیا نوست لە نەتەوەی ئەوی هەڵگرت لە سکیا بە هەڵگرتنێکی سووكو هاتوچۆی پێوە کرد •

★ (فَلَمَّا اَثْقَلَتْ دَعَوا اللهَ رَبَّهُما : لَئِنْ آتَيْتَنا صالِحاً لَنَكُونَنَّ مِنَ الشّاكِرِينَ) (١٨٩) ★

وە لە کاتێکدا ئەو ژنە قورس بو ، واتە باری گران بوو سکەکەی گەورە بو •• خۆیو مێردەکەی لە خودا پاڕانەوەو عەرزیان کردو وتیان : خودایە ئەگەر منداڵێکی باشمان پێبدەی زۆر سوپاسی نیعسەتو میهرەبانیت ئەکەین •

★ (فَلَمَّا آتيهُما صالِحاً جَعَلا لَهُ شُرَكاءَ فِيما آتيهُما) ★

کەچی کاتێ کە خودا ئەولادە صاڵحەکەی پێدان ئەمان هاوڕێو شەریکیان بڕیاردا بۆ خودا ، واتە لە ناودانانیا ، وە ناویان بوو بە (عبدالعزى)و (عبدالمناف)و وێنەی ئەمانە ، وە یا گومانی فاسیدی ئەوەیان وەرگرت کە غەیری خودا هۆیەکی تر لە پەیدابوونی ئەو کوڕەدا هەیە •

★ (فتَعالى اللهُ عَمَّا يُشْرِكونَ) (١٩٠) ★

خودای تەعالا زۆر زۆر بەرزو دوورە لە پایەی ئەو شتانە کە ئەوانە ئەیکەن بە شەریکی ، وە دوورە لەوەی شەریك وەربگرێ •

★ (اَيُشْرِكونَ مَا لا يَخْلُقُ شَيْئاً وهُمْ يُخْلَقونَ ؟) (١٩١) ★

ئایا ئەو ئینسانە بێ شوعوورانە دارو بەردێکی وا ئەکەن بە شەریکی خودا کە ناتوانن هیچ دروست بکەن ، بەڵکو خۆیان دروستکراونو بە دەست تاشراونو بە زۆر پەرستراون ؟

★ (وَلا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْراً وَلا اَنْفُسَهُمْ يُنْصَرُونَ) (١٩٢) ★

وه ناتوانن یارمه‌تی ئه‌و بتپه‌رستانه بده‌ن‌و هه‌روا ناتوانن نه‌صره‌تی خۆیان بده‌ن وه ئه‌گه‌ر یه‌کێ بڕوا بۆیان بیان‌شکێنێ ناتوانن دووری بخه‌نه‌وه •

★ (وَاِنْ تَدْعُوهُمْ اِلَى الْهُدَى لا يَتَّبِعُوكُمْ ۚ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ اَدَعَوْتُمُوهُمْ اَمْ اَنْتُمْ صَامِتُونَ) (١٩٣) ★

وه ئه‌گه‌ر بانگیان بکه‌ن بۆ لای شاره‌زایی به ڕێگه‌ی حه‌ق نابیسن‌و ناڤامن‌و له‌به‌ر ئه‌م حاڵه په‌یڕه‌وی ئێوه ناکه‌ن‌و ڕوو ناکه‌نه هیدایه‌ت‌و یه‌کسانه بۆ ئێوه بانگیان بکه‌ن بۆ هیدایه‌ت وه یاخود بێ‌ده‌نگ بین •

ئه‌وه‌ی نافامێ به دڵ‌و ده‌روون
بێ‌سووده بۆ ئه‌و ده‌رزی کامڵ بوون
هه‌زار ماریفه‌ت بکه‌ی به گوێیا
فه‌رقێ نابینێ له حاڵی خۆیا
داخیشی بکه‌ی به خۆی نازانێ
که‌ی له‌شێ سڕ بێ به ئێش ئه‌زانێ ؟!
سا ئه‌گه‌ر گیانی هاتۆ به‌ به‌را
قابیله بڕوا به ڕێی ڕه‌هبه‌را
ڕسوایی عاله‌م بتپه‌رستیه
بناغه‌ی ئه‌وه‌یش خۆ په‌رستیه
هه‌تا له‌م خووه خۆت نه‌پارێزی
بزانه تاقیق هه‌ر بێ ته‌میزی
به‌ڵکو بت‌په‌رست که سه‌رگه‌ردانه
به‌خۆ په‌رستی ڕسوای جیهانه

★ ★ ★

بزانن ! لە ئایەتی : (هو الذي خلقكم من نفس واحدة ... الآية)دا ئیشکالێ هەیە کە بریتیە لەمە زاهیرەکەی دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکا کە حەزرەتی ئادەم ـ دـ لەگەڵ حەوادا نیسبەتی ئیشراکیان لێ بدرێ . وە ئەمەیش لە خانەدانی نوبوەتەوە دوورە • لە وەڵامی ئەمەدا دوو قسە هەیە :

یەکەم : ئەمەیە لە (ضمیر)ی (جعلا له شركاء)دا تەئویلێ هەیەو مەعنای وایە (جعل اولادهما له شركاء) واتە : نەوەی ئادەمو حەوا زەلامی وایان تیدا پەیدا دەبێ شەریك بۆ خودا قەرار بدا •

دوەم ئەمەیە کە : ئەم ئایەتە خیطابە لەگەڵ ئالی (قصی)دا ؛ چونکی ئەمانە دروستکراون لە نەفسی (قصی)و ژنەکەیشی هەر لە خۆیان بوو لە (قريش) بو وە لەو کاتەدا داوایان کرد لە خودا کە کوڕی باشیان بداتێ کاتێ کە کوڕەکانی پێدان لە باتی ناویان بنێن بە (عبدالله)و (عبدالرحمن) ناویان نان بە (عبدالمناف)و (عبدالشمس)و (عبدقصی)و (عبدالدار) ... ئەم تەئویلە زۆر جوانە (ضمیر)ی : (ايشركون ما لا يخلق ...) ئەگەڕێتەوە بۆ سەر نەتەوەی ئەوان •

جا خودای تەعالا بۆ زیادەسەرزەنشتی بتپەرستەکانو بۆ گاڵتەکردن بە بتەکان ئەفەرموێت :

★ (اِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ عِبادٌ اَمْثالُكُمْ)★

بە راستی ئەوانە کە ئێوە بانگیان ئەکەنو لێیان ئەپاڕێنەوە لە غەیری خودا چەن بەندەیەکی داماوی بێچارەن وەکو ئێوەو لە ئێوەیش گەلێ کەمترن ، چونکی بێ‌گیانو بێ هەستن •

★ (فادْعوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبوا لَكُمْ اِنْ كُنْتُمْ صادِقينَ !) (١٩٤) ★

جا ئەگەر باوەڕ بەم قسە ناکەن بانگ بکەن لە بتەکانتان دەبا وەڵامی ئێوە بدەنەوە ئەگەر راست ئەکەن کە ئەو بتانە خاوەن هێزو زاناو تەوانان !

★ (اَلَهُم اَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِها اَمْ لَهُمْ اَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِها ؟ اَمْ لَهُمْ اَعْيُنٌ يُبْصِرونَ بِها ؟ اَمْ لَهُمْ آذانٌ يَسْمَعُونَ بِها ؟) ★

بیربکەنەوە کە بۆ خاوەنکار دەست پێویستە بۆ هەڵمەتبردنو پێ پێویستە بۆ بەرێگە رۆیشتنداو چاو پێویستە بۆ دیتنو گوێ بۆ بیستن ... جا ئایا ئەو بتانە پێیان هەیە هەتا بتوانن پێیان بڕۆن بە رێدا ؟ یاخود دەستیان هەیە کە هەڵسەتی پێ ببەن ؟ یا چاویان هەیە کە خۆشەویستو نەتەویستی پێ جیابکرێتەوە ؟ یا گوێچکەیان هەیە کە ئامۆژگاری پێ وەربگرن ؟ وە یاخود شکاتی داماوێکی پێببیستن ؟ حاشا هیچیان لەمانە نیە .

★ (قُلِ : ادْعُوا شُرَكاءَكُمْ ثُمَّ كِيدونِ فَلا تُنْظِرونَ) (١٩٥) ★

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بەو بتپەرستانە : بانگ بکەن لەوانە کە کردووتانن بە شەریكو هاوڕێ بۆ خودای عالەم با ئامادە بین بۆ دوژمنایەتی منو پاش ئەوە چیتان لە دەس دێ لە هەموو بەندو باوو فڕو فێڵێ بیکەن لەگەڵداو هیچ مۆڵەتم مەدەن بزانم ئەتوانن چی بکەن !

★ (اِنَّ وَلِيِّيَ اللهُ الَّذي نَزَّلَ الْكِتابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصّالِحينَ) (١٩٦) ★

بە راستی دۆستو یارمەتیدەرو چاودێریکەری منو پارێزەرم ئەو خودایە کە قورئانی پڕ لە حیکمەتو دەرزی بیرو باوەڕی سافو خووڕەوشتی بەرزو ئادابو یاسای عەدالەتو ئینسافی ناردوەتە خوارەوە بۆ سەر زەویو هەر ئەو خودایەتە کە چاودێری ئەوانە ئەکا کە لەسەر رێگەی بیرو باوەڕو کردەوەی موناسب ئەڕۆن بە رێدا .

★ (وَالَّذينَ تَدْعُونَ مِنْ دونِهِ لا يَسْتَطيعونَ نَصْرَكُمْ) ★

وە ئەو بتانە کە ئێوە داوای یارمەتییان لێ ئەکەن و لـە خودا دوور ئەکەونەوە بە هیچ جۆرێ ناتوانن یارمەتی ئێوە بدەن •

★ (ولا اَنْفُسَهُمْ يَنْصُرونَ) (١٩٧) ★

بەڵکو ئەگەر یەکێ بڕوات بۆیان بیانشکێنێ ناتوانن چاری خۆیان بکەن و لە دەستی ئەو کەسە خۆیان رزگار بکەن •

★ (واِنْ تَدْعُوهُمْ اِلى الهُدى لاَ يَسْمَعوا) ★

نەك هەر ناتوانن یارمەتی ئێوە بدەن و ناتوانن چاری خۆیان بکەن و پایـەی گەورەیی وەربگرن بەڵکو ئەگـەر وەکو سەرگەردان و داماوێك تەماشایان بکەن و بتانەوێ بانگیان بکەن و رزگاریان بکەن لە گومڕاهی و رێگەی راستی مەبەستی حەقیان نیشان بدەن ئەو بانگی ئێوە نابیەن ؛ چونکی بەردی بێ گیـان و داری وشکی کێوانن و دروستکـراون لـە مادەی بێ شوعووری بێفامی نەزان •

★ (وتريهُمْ يَنْظُرونَ اِلَيْكَ وهُمْ لاَ يُبْصِرونَ)(١٩٨)★

وە تەماشا ئەکەیی و وەها دێنە بەرچاوت کە بۆ تۆ ئەڕوانن ؛ چونکی بـە قوڵەنگ و قـەڵەم و کەرەسـەی تاشـین رەسمی سـەرو روخسارێکی داکێشراوو چاوێکی زاقی نەقووچاویان بۆ کراوەو ئەوان هیچ شتێ نابینن ، چونکی چـاوی بێتاوو قەوارەی بێ گیـان نابێ بـە خاوەنی هەسـت و شوعوورو دوورە لـە نرخی ئادەمیزادی خاوەن فام و نوور • جـا ئـەی پێغەمەری پایەدار :

★ (خُذِ العَفْوَ واْمُـرْ بِالعُـرْفِ واَعْرِضْ عَـنِ الجَاهِلينَ) (١٩٩) ★

تۆ لـە سـەر یاسای رەسای خودا قەراردراوی خۆت بژی ؛ هـەر رێگەیێ کە ئاسانە بۆ دەوام خۆت بڕۆ پیاپاو خۆت ماندوو مەکە بە جۆرێ

کارت پێ نەکرێو بەرابەر بە پەیڕەوەکانت لێبوردنو چاوپۆشیو سەرفی نەزەر بکە بە پیشە بۆ خۆتو هەر خزمەتێ کە ئاسانەو بۆ ئەوان ئەکرێ لێیان وەربگرەو داوای باری ناباریان لێ مەکەو فەرمانیان پێ بدە بۆ هەر شتێ کە بۆ ئینسان جوانە لە جیهانا ، لە بیرو باوەڕی چاکو کردەوەی بە سوودی پاکو خـوو رەوشتی کۆمـەڵایەتی بـەرز ، وە ئەگـەر گیرۆدەی ئادەمیزادی نەفامی بێدەماخ بووی خۆتیان لێ دوور بگرەو سەر مەتێرە سەریانو خۆت ماندوو مەکە لە بەریان هەتا بەسەرهاتی چەرخی گەردوون نەرمی ئـەکا جا یا ئەمرێو ئاشووبێ داوێنەت ناگرێ یا دەگەڕێتەوە بۆ مەیدانی فامو ویژدانو مل رائەکێشێ بۆ فەرمانی یەزدان •

★ (وإمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطانِ نَزْغٌ فاسْتَعِذْ بِاللهِ اِنَّه هُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٢٠٠) ★

وە هەر کاتێ بە هۆی کارەساتی نابار وە یا گیرۆدە بوون بە ئینسانی ناهەموار وە یا دواکەوتن لە مەبەستی خۆت لەسەر قەزای خودا شەیتان فرسەتی هێناو وەسوەسەو داڵغەو دڵگرانییەك لێی دایت •• گورج پەنا داوا بکە لەو زاتە خاوەن کەماڵە کە ناوی (الله)یە ، چونکی ئەو بڕیاری ئەوەی داوە فەریادڕەسی رەهبەرانی خۆی بکاو بە دڵ وا بزانە کە هەموو کاتێ بە واتەی سەرزمانو بە رازی نیهانی دڵان ئەزانێ ؛ چونکی بە راستی خودایە هەموو رازێ ئەبیسێو هـەموو نیازێ دەزانێو ئـەم فەریادڕەسی خودایە تەنها بۆ تۆ نیە بەڵکو ئەمە یاسای پەروەردگارە لە جیهاناو هەر وا بوەو هەروا ئەبێ •

★ (اِنَّ الَّذينَ اتَّقَوْا اِذا مَسَّهُمْ طائِفٌ مِنَ الشَّيْطانِ تَذَكَّرُوا فَاِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ) (٢٠١) ★

بە راستی ئەوانە کە لـە خودا ئەترسنو پەیوەندی راستیان لەگەڵیا هەیە هەر کاتێ کە خەیاڵێك لە لایەنی شەیتانەوە لێیان بداو پاڵیان پێوە بنێ

بۆ هەوادانیان گورج بیری خودای پەروەردگار ئەکەنەوەو پەنای بۆ ئەبەن‌و خودایش زوو حاڵیان لە پەرێشانیەوە دەگۆڕێ بۆ شادمانی‌و چاویان بۆ دیتنی رێگەی راست ئەکرێتەوە .

★ (وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ) (٢٠٢) ★

بەلام برا ناپاکەکانی کافرەکان‌و بتپەرستەکان نەك ئەوان رزگار ئەکەن لە گومرایی بەڵکو هێزیان زۆر ئەکەن لەو بیرە تاریکەداو لەو رێگە لارە باریکەداو پاش ئەوەیش کۆتایی ناکەن لە پاڵ پێوەنانیان هەتا بەدبەختیان ئەکەن .

رێڕەوانی شەو بێ شووڵەی چرا
بە زەحمەت ئەگەن لە دەشت‌و دەرا
چرابەدەستی هۆشیاری سەربەست
زۆر بە ئاسانی دێتەوە سەرا

★ (وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِمْ بِآيَةٍ قَالُوا : لَوْلَا اجْتَبَيْتَهَا ؟)★

کاتێ کە ئەو کافرە موشریکانە داوای ئایەتێکت لێ بکەن لە وێنەی ئایاتی قورئان کە باسی شتێ بکا لە مەبەستەکانی ئەوان یاخود داوای دەربڕینی موعجیزەیەکت لێ بکەن‌و تۆیش بۆت نەکرێ‌و ماتڵ ببی ئەوانە ئەڵێن . ئەوە بۆچی خۆت رێکت نەخست ؛ چونکی گومانیان وایە کە ئایەتەکانی قورئان لە وتاری خۆیەتی‌و ئەو شتانە کە بۆیان دەرئەبڕێ لە دروستکراوی خۆین ! حاشا !

★ (قُلْ : إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِنْ رَبِّي) ★

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری خۆشەویست : من هەر ئەکەومە شوێنی ئەو ئایەتانە کە خودا بە وەحی رەوانەیان ئەکا بۆم‌و ناتوانم لە خۆمەوە وتارێ دروست بکەم‌و هەر کارێ کە لە لایەنی منەوە روو بداو ببێ بە دەلیل

لەسەر پێغەمەرایەتی من هەر لەوانەیە کە لە لایەنی خوداوە بۆم ئەکرێ •

★ (هذا بَصائِرُ مِنْ رَبِّكُمْ وهُدىً ورَحْمَـــةٌ لِقَـــوْمٍ يُؤْمِنونَ) (٢٠٣) ★

وە جوملەی ئایاتی قورئانی پیرۆز کە وا ئێمە ئەیانخوێنینەوەو ئێوە ئەیانبیسن هەموو لە خوصووصی بیرو باوەڕو کردەوەو خوو رەوشتەوە هۆی چاوڕوونیو هۆی شارەزایین لە لایەنی خودای ئێوەوەو هەر کەسێ بکەوێتـە دووی رووناکی ئـەوانە گومڕا نابێو ئـەو ئایاتـە هیـدایەتو شارەزاییو میهرەبانی رەسان بۆ کۆمەڵێ کە ئیمانیان بە خوداو پێغەمەری خودا ببێ •

جـا مادام ئـەم قورئانە ئەوەندە پیرۆزەو هۆی بەختیاریە بۆ عالەمی حاوەن باوەڕ •

★ (واَذا قُرِىءَ القُرآنُ فاسْتَمِعوا لَهُ واَنصِتوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمونَ) (٢٠٤) ★

کاتێ کە ئەو قورئانە خوێنرایەوە لە نزیکی ئێوەدا گوێی لێ رابگرن بۆ ئـەوە کـە لەفزەکانی وەربگرن ، وە لەو کاتەدا بێ دەنگ بن با هەموو کەسێ بە قەی حاڵ کەلیمەکانی لێ دەرکەوێو بەقەی هێزی دڵ لە مانایان ئاگادار ببن . ئومێد هەیە کە لـە لایـەنی خوداوە رەحمتان پێ بکـرێو یارمەتیتان بدرێ بۆ وەرگرتنی ئەلفازو فامی مەعنایانو رەفتار پێکردنیان بۆ ئەوە ببێ بە هۆی بەختیاریتان •

بزانن لە هۆی واریدبوونی ئەم ئایەتەوە گەلێ فەرمووده هەیە :

یەکەم : کە فەرموودەی حەسەنی بەصریو ظاهیریە ئەمەیە کە ئـەم ئایەتە لەسەر عموومی خۆی ئەڕوا ، واتە هەر کاتێو لـە هـەر شوێنێ قورئانی پیرۆز خوێنرایەوە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقڵ کە بێ دەنگ ببێو گوێ بۆ قورئانەکە رابگرێ هەتا تەواو ئەبێ •

دووهــەم ئەمەیە : نازڵ بوە لــە حەرامکردنی قسەکردندا لــە کاتی خوتبەی جومعەدا ، واتە مەبەس لە قورئان ـ لێرەدا ـ خوتبەیە بە مەجاز .
سێهەم ئەمەیە : نازڵ بوە لە حەرامکردنی قسە لە ناو نوێژا ، وەختی خۆی لە سەرەتای ئیسلامەوە لە نوێژا قسەیان ئەکرد . ئەیانوت : سەلام لەسەر فلانو سەلام لەسەر فلان . جا بەم ئایەتە مەنع کران .
چوارەم ئەمەیە : کە نازڵ بوە بۆ تەرکی جەهر بە قیرائەت . واتە دەنگ بەرزکردنەوە بە خوێندنی قورئان لە پشتی ئیمامەوە .
ریوایەت کراوە لە ئەبوهورەیرەوە ـخـ فەرموویەتی : ئەم ئایــەتە نازڵ بوە لە بەرزکردنەوەی دەنگدا لە پشتی حەزرەتەوە ـدـ وە بۆ هێزدان بەم قسە ئەنووسم : موسلیم ریوایەتی کردوە لە عیسرانی کوڕی حصەینەوە ئەڵێ : حەزرەت ـدـ نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین یا نوێژی عەسرو لە پاش نوێژەکەی فەرمووی : کامتان بوو لە پشتی منەوە سوورەتی (سبح اسم ربك الاعلى ...)ی خوێنــد ؟ پیاوێ عەرزی کــرد : من خوێندم . جـا حەزرەت فەرمووی : بە راستی زانیم کە بازێکتان دڵی خستمە خەتەرەوە بە خوێندنی ئەو سوورەتە . واتە بە هۆی دەنگ بەرزکردنەوەکەی ئەوەوە دڵم کەوتە داڵغەوە .

وە ریوایەت کراوە لە عوبادەی کوڕی صامیتەوە ئەڵێ : حەزرەت ـ د ـ نوێژی بەیانی کرد بەڵام قورئان خوێندنی بەلاوە گران بو لەو نوێژەدا کاتێ تەواوی کرد فەرمووی : بــە راستی من حاڵی بووم کــە ئێوە لــە پشتی ئیمامەوە قورئان ئەخوێنن ، عەرزیان کرد بەڵێ ئەخوێنین یا رەسوولەڵلا . فەرمووی : نەکەن هیچ مەخوێنن مەگەر تەنیا (ام الكتاب) واتە سوورەتی فاتیحــە .

جا ئیمامی شافیعی ـخـ ئیستیدلالی کردوە بەم دوو حەدیثەو بــەو حەدیثە کە فەرموویەتی : نوێژ دروست نیە بێ قورئان خوێندن، نوێژ دروست نیە بێ خوێندنی سوورەتی فاتیحە ، وە بە فەرموودەی خودا کە

فەرموویەتی (فاقرؤا ما تیسر منه) .. كە واجبە مەئمووم لە پشتی ئیمامەوە فاتیحە بخوێنێ بە پەنامەكی بە جۆرێ خۆی دەنگی خۆی ببیسێو نەبێ بە هۆی سەرلێشێوانی باقی مەئموومەكان لەگەڵیا .

وە یاسای (شافیعی مەذهەب) وا هاتوە وەكو لە (مجموعی ئیمامی نەوەوی)دا هەیە كە لە نوێژە ئاشكراكانا ، وەكو نوێژی بەیانیو مەغریبو عیشا . كاتێ كە ئیمام فاتیحە ئەخوێنێ مەئمووم گوێ رائەگرێو بێدەنگ ئەبێ هەتا ئەگاتە (ئامین) ئەوێدا مەئموومەكان لەگەڵ ئیماما ئامین ئەكەن ، جا ئیمام بێدەنگ ئەبێو لەو ماوەدا دۆعایەكی تایبەتی هەیە ئەیخوێنێ ، كە ئەم دۆعایە : (اللهم باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب ، ونقني من خطاياي كما ينقى الثوب الابيض من الدنس . واغسلني من خطاياي كما يغسل الثوب بالماء والثلج والبرد .) وە لەم ماوەدا مەئموومەكانیش فاتیحە ئەخوێنن بەم جۆرە ئەتوانن گوێ لە خوێندنی ئیمام رابگرن بۆ ئەو سوورەتە یا ئەو ئایەتانە كە لە پاش فاتیحە ئەیانخوێنێ . وە لە نوێژی پەنامەكیدا مەئموومەكان لە پاش ئیمام نیەت دێننو (تەكبیری تەحەڕوم) ئەكەنو دۆعای (استفتاح) ئەخوێننو سوورەتی فاتیحە ئەخوێنن لە هەموو ركاتەكانا ، وە لە دوو ركاتی یەكەمو دووهەمدا سوورەتێ یا چەن ئایەتێ لە قورئان ئەخوێنن . بەم جۆرە لەگەڵ ئیمامدا ئەڕۆن تا سەلام ئەداتەوە .

وە لە تەفسیری ئەبو سعوودا ئەڵێ : (واما خارج الصلاة فعامة العلماء على استحبابها) . وە لە تەفسیری جەلالەیندا ئەڵێ (نزلت في ترك الكلام في الخطبة وعبر عنها بالقرآن لاشتمالها عليه . وقيل : في قراءة القرآن مطلقا) . وە لە حاشیەی (جمل)دا ئەڵێ : (وقوله . في قراءة القرآن مطلقا . اي فالامر للندب) .

من ئەڵێم : ئەوەی دڵ لەسەری دامەزرێ ئەمەیە : ئەگەر ئەم ئایەتە بۆ ئیرشادی كافرەكان بێ بۆ گوێڕاگرتن لە قورئانی پیرۆزو

بێدەنگبوونیانو بیرکردنەوەیان لە مەعناکەیا وەکو گەلێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە .. ئەوە دیارە ، وە ئەگەر خیتاب بێ بۆ موسوڵمانان کە لە کاتی بیستنی قورئانا گوێڕابگرنو بێدەنگ بن هەتا سوودی لێ وەربگرن ئەوە ئەو ئەمرە بۆ نەدبە ، واتە : گوێڕاگرتن لە قورئانو بێدەنگ بوون لە کاتی بیستنیا مەندووبەو سونەتە بە قەرینەی ئەوە کە حەزرەت ئەمری نەکرد بەو کەسانە کە لە پشتیەوە قورئانیان خوێند لە نوێژا نوێژەکەیان بکەنەوە وە عیبارەتی وای نەفەرموو کە بێنی هەڕەشەی لێ بێو بەیانی گوناه بکا . ئەوەندەی فەرموو (خالجنیها) واتە کەلیمەکانی لە من تێك ئەدا . وە ئەمە بۆ گوێڕاگرتنی ئەو مەئسومانەیە لە خوێندن لە نوێژا ، وە ئەمما لە غەیری نوێژا . وەکو ئەبو سعوود فەرموویەتی ، عامەی عالمەکان لەسەر ئەوەن کە بێدەنگ بوونو گوێڕاگرتن لە قورئان سونەتە .

بەڵێ لە کاتی خوێندنی قورئاندا دەنگ بەزرەوە کردن لە وتارا بە جۆرێ کە تەشویش بدا بە خەڵك لە بیستنی قورئانا ئەوە حەرامە مادام ئەو خوێندنە لەو کاتەدا مەشرووع بێ ، واتە نەبێ بە هۆی تەشویش لەسەر نوێژکەر ، یا هەراسکردنی نەخۆشو نوستو . یا نەبێ بە مانیع لە فێربوونی حوکمێکی واجب یا مەندووب وەکو لە کتێبە شەرعەکاندا بە درێژی باس کراوە .

★ (واذْكُرْ ربَّكَ في نَفْسِكَ تضَرُّعا وخِيفةً ودونَ الجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ) ★

وە یادی خودای خۆت بکە لە نەفسی خۆتدا بە جۆرێ کەس پێی نەزانێ خودا نەبێ حاڵت وابێ زۆر خۆت کز بکە لە بەرابەری ئەو لەسەر کەمتەرخەمیو دواکەوتن لە یادی ئەو . وە زیکری خودا بکەو ناوی ببەو باسی بکە بە ثەناخوانی وەکو (الحمد لله)و بە تەنزیەو دوورخستنەوەی لە نوقسان وەکو (سبحان الله)و بە ـ تەوحید ـ بە یەکناسینی وەکو (لا اله الا الله)و بە داوای لێخۆشبوونو لەشساغی

وەکو (اللهم اني اسألك العفو والعافية)و بە داوای دامەزران لەسەر حەق وەکو (اللهم ثبت قلبي على دينك) وە بە پەناگرتن بە رەحمەتی لە غەزەبی وەکو (اللهم اني اعوذ برضاك من سخطك وبمعافاتك من عقوبتك) وە بە داوای بەش‌و بارەی هەردو جیهان وەکو (ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار) بەلاّم ئەمانە هەموو بە پایەی نزمتر لە واتەی ئاشکرای وا کە خەڵکی لەم لاو لەولاوە بی‌بیسن •

★ (بِالغُدُوِّ والآصالِ) ★

وە ئەم یادی خوداو زیکری زاتە لە سبەینێکان لە پاش دەرهاتنی رۆژ وە لە ئێوارانا پاش عەسرەکان ؛ وە ئیحتیمالی هەیە کە باسی بەیانی‌و ئێواران کینایە بێ لە دەوامدان بە یادو زیکری خودا بە قەرینەی ئەوەدا کە لە پاش ئەوانەوە ئەفەرموێت :

★ (ولا تَكُن مِنَ الغافِلينَ) (٢٠٥) ★

کە نەهیە لە حەزرەت ـ د ـ . لە سەر زاهیری سیاقی ئایەتەکان ؛ لەوە کە لە کاتێ لە کاتەکانی ژیانیا خودا فەرامۆش بکاو بێ ئاگا بێ لە زیکری بە دڵ یا بە زمان . بە پەنامەکی یا بە ئاشکرا •

ئاگادار بن ! لەسەر ئەم نووسراوی منە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی دووشت هەیە :

یەکەم : زیکر بە دڵ کە مەشهوورە بە (زیکری قەلبی)و ئەهلی تەصەوف زۆر بە گەرم ئەیگرن . خواە زیکری جەلالە بێ یا زیکری (لا اله الا الله) وە هەرکام لەمانە یاسای تایبەتی خۆی هەیەو بە هیچ جۆر زمان پەیوەندی پێیانەوە نیە • وە مەعنای تەواوی ئەمە بۆ هەموو کەسێ دەوامە لەسەر یادی خودای تەعالا بە دڵ •

دووەم : زیکری زمان . وە یاسای مەشرووعی ئەمەیە کە کەمتر بێ لە جەهری عادەتی بە جۆرێ وەها خەڵك قەڵس بکا . وە ئەم زیکری زمانە دوو جۆرە زیکر ئەگرێتەوە . یەکەمیان زیکری نهێنی شەرعی وەها کابرا

تەنیا خۆی بی‌بیسێ ، دوەمیان زیکری ئاشکرا کە وەها بێ ئەو کەسانە وان لە پاڵیا بی‌بیسن‌و مەعنای (دون الجهر من القول) ئەمەیە نەگا بە پایەیێ خەڵك قەڵس بکا . چونکی ئەو جۆرە لە زاتی خۆیا مەشرووع نیەو هەر کاتێك ببێتە هۆی ئیزعاجی خەڵك حەرامە .

بەڵام لە کتێبە تەفسیرەکانا وا بەیان‌کراوە کە مەبەس لەم ئایەتە هەر زیکرە بە زمان بەڵام بەو جۆرە بێ کە خۆی بی‌بیسێ‌و نەگاتە پایەی ئاشکرا .

وە بازێکیان فەرموویانە : ئەم ئایەتە ئەمرە بە مەئموومین کە فاتیحەو سوورەتی قورئان لە پشتی ئیمامەوە بە پەنامەکی بخوێنن ، وەها کە نەبێ بە تەشویش بۆ باقی نوێژکەرەکان . جا خودا بۆ تەئییدی ئەمری خۆی بە ئادەمیزاد کە زیکری خودا بکەن فەرمووی :

★ (اِنَّ الَّذينَ عِنْدَ رَبِّكَ لا يَسْتَكْبِرونَ عَنْ عِبادَتِهِ ويُسَبِّحونَهُ ولَهُ يَسْجُدونَ) (٢٠٦) ★

ئەو کەسانەی کە خاوەن پایەو نزیکن لە خودای پەروەردگاری تۆوە وەکو پێغەمەرەکان ـ دـو فریشتەکانی بارەگای باری تەعالاو پیاوە خاوەن هەستەکان قەت خۆیان بە زل ناگرن بە جۆرێ لابدەن لە عیبادەت‌و بەندەیی خوداو بە دەوام تەسبیحاتی ئەکەن‌و تەنزیهی لە کەمی‌و کورتی ئەکەن‌و هەر بۆ ئەو سوجدەی بەندەیی ئەبەن .

بزانن ! هەر کاتێ یەکێ ئایەتێ لە ئایاتی سوجدەی تیلاوەتی خوێندەوە سوننەتە بۆ خۆی‌و بۆ هەرکەسێ گوێی لێ بێ سوجدەی تیلاوەت بباو سوجدەی تیلاوەت چواردەیە : یەکەم لە ئاخری سوورەتی (ئەعراف)دا ، دوەم : لە سوورەتی (رەعد) لە لای (بالغدو والاصال)دا ، سێهەم : لە سوورەتی (نحل) لە لای (ویفعلون ما یؤمرون)دا ، چوارەم : لە سوورەتی (بني اسرائیل) لە لای (ویزیدهم خشوعا)دا . پێنجەم : لە سوورەتی

(مەریەم) لـە لای (خروا سجدا وبكيا)دا • شەشەمو حـەوتەم : لـە سوورەنی (حەج) لە لای (ان الله يفعل ما يشاء)و لە لای (وافعلوا الخير لعلكم تفلحون)دا • هەشتەم : لە (فورقان) لە لای (وزادهم نفورا)دا • نۆهەم : لە (نەمل) لە لای (رب العرش العظيم)دا • دەهەم : لە (الم) تەنزیلدا لە لای (وهم يستكبرون)دا • یازدەهەم : لە (حم ـ السجده ـ)دا لە لای (وهم لا يسأمون) دوازدەهەم : لە سوورەتی (النجم) لـە لای (فاسجدوا لله واعبدوا)دا • سیازدەهەم : لە سوورەتی (انشقاق) لە لای (واذا قرئ عليهم القرآن لا يسجدون)دا • چواردەهەم : لە سوورەتی (علق) لە لای (واسجد واقترب)دا •

بەلام سوجدەی سوورەتی (صاد) لە لای ئایەتی (وخر راكعا واناب)دا ئەوە سوجدەی شوکرەو سوجدەی تیلاوەت نیە •

وە سوجدەی تیلاوەت پێویستی بە طەهارەتو داپۆشینی عەورەتو رووکردنە قیبلە هەیەو ئەگەر لە ناو نوێژدا بوو ئەبێ (الله اكبر) بکا بە بێ بەرزەوەکردنی دەستەکانو دانەوێ بۆ سوجدەو سەربەرزەوە کاو دەست بکاتەوە بەو شوێنە کە هەیەتی لە نوێژەکەیا ؛ وە ئەگەر سوجدەکە لە ئاخری سوورەتدا بوو ئـەوە سوننەتە کـە راستەوە بو شتێ لـەو سـوورەتە یا سوورەتێکی تر بخوێنێ جا بڕوات بە روکووعدا •

وە ئەگـەر لـە غـەیری نوێژا بو (الله اكبر) بکـا لەگـەڵ نیـەتی سوجدەکەداو دەست بەرزەوە بکا ؛ جا بۆ جاری دووەم (الله اكبر) بکا بۆ دانەوینو دەستبەرزەوە نەکات ؛ جا سوجدە بباو سەر بەرزەوە بکا لەگـەڵ تەکبیرداو بـە هـەردوو لادا سەلام بداتـەوە • وە سوننەتە لـە سوجدەکەدا بڵێت : (سجد وجهي للذي خلقه وصوره بحوله وقوته فتبارك الله احسن الخالقين) •

وە دەلیل لەسـەر سوجدەی تیلاوەت ئەمـەیە : ئیبن‌و عومەر ـخـ ئەڵێت : پێغەمەر ـ د ـ قورئانی بەسەرا ئەخوێندینەوەو کاتێ کە ئەگەیشت بـە ئایـەتی سوجدە (الله اکبر)ی ئەکـردو سوجدەی ئەبردو ئێمەیش سوجدەمان لەگەڵدا ئەبرد ؛ وە ئەگەر قورئانخوێنەکە سوجدەی نەبرد با گوێگرەکە سوجدە ببا ؛ چونکی ئەم سوجدە سونەتە بـۆ هەردوویان‌و بەوە کە بەکێکیان تەرکی بکا لەسەر ئەویان لا ناچێ •

وە ئەگەر ماوەی سوجدەبردن نەبو بڵێت (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله اکبر ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم) ئەمە جێگەی سوجدەکە ئەگرێتەوە •

سورة الانفال

مدنية الا من آية ٣٠ الى ٣٦ مكية وآياتها خمس وسبعون نزلت بعد سورة البقرة

بسم الله الرحمن الرحيم

(يَسْئَلُونَكَ عَنِ الأَنْفالِ)

پرسیارت لێ ئەکەن ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە حوکمی غەنیمەت ـ ئەو ماڵەی بە جەنگ وەرئەگیرێ لە کافرەکان ـ وە چۆن بەش ئەکرێ •

★ (قُلِ : الأَنْفالُ لِلّٰهِ والرَّسُولِ) ★

تۆ لە وەڵامیانا بڵێ : کە حوکمی غەنائیم بۆ خودایە بە تەشریع کردنو دامەزراندن ، وە بۆ پێغەمەری خودایە کە شی بکاتەوە بەو جۆرە کە خودا فەرمانی پێداوە ، ئیتر کەس حەقی ئەوەی نیە داوای هیچ بکا لەو ماڵە بە خیلافی یاسای خودا •

لەفزی (ئەنفال) کۆی (نەفل)ەو بۆ ماڵی تالانی کە لە کافرانەوە دەست بکەوێ بەکاردێ ؛ چونکی ئەوە زیادە بەشێکە لە لایەنی خوداوە دەستکەوتوە . وە بەو ماڵەیش ئەوترێ کە سوپاسالار بڕیاری بدا بۆ ئەو کەسانە ئەتوانن ئیشێکی دیاری بە نرخ بکەن وەکو چوونە مەیدانی پاڵەوانێکی کافر ، وە یا گرتنی قەڵایێ لە قەڵاکانی ئەوان ، وە یا هێنانەوەی دەنگوباسێکیان •

ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە ـخـ کە حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : یەکێ یەکێ بکوژێ ئەوەندەو ئەوەندەی هەیە • یەکێ یەکێ بە دیل بگرێ ئەوەندەو ئەوەندەی هەیە • جا کوڕە گەنجەکان کەوتنە خۆیان‌و ڕۆیشتنە ناو کۆڕەی جەنگی بەدرەوەو پیرەکان لە دەوری ئاڵاکەدا مابوونەوەو لە پاش زاڵبوون بەسەر کافرەکانا جوانەکان ئەیان‌وت : ئێمە جەنگمان کردوەو تاڵانەکە بۆ ئێمەیە ، وە پیرەکانیش وتیان : ئێمەیش پشتی ئێوەمان گرتبوو یارمەتیمان ئەدان‌و حەقی ئێمەیشی تیایە •• جا حەزرەت ـدـ وەکو یەك بەشی کرد بەسەریانا •

وە ریوایەت کراوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە ـخـ ئەڵێ : لە ڕۆژی (بدر)ا عومەیری برام کوژرا منیش چووم لە تۆڵەی ئەوا سەعیدی کوڕی عاصم کوشت‌و شمشێرەکەیم هێنا بۆ لای حەزرەت‌و عەرزم کرد : ئەمە شیرەکەی سەعیدە من کوشتوومە بیدە بە خۆم • حەزرەت فەرمووی : نە مالی منەو نە مالی تۆیە بزانین خودا ئەمری چۆنە ! بڕۆ بیخەرە ناو تالانەکە • منیش زۆر دڵگران بووم ، ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم ئایەتە نازڵ بوو . جا حەزرەت هات بۆ لام‌و فەرمووی : داوای ئەو شیرەی سەعدت لێ‌کردم‌و نەمتوانی بتدەمێ ئیستە بوو بە حەقی تۆ بڕۆ وەری بگرە بۆ خۆت •

★ (فاتَّقُوا اللهَ وأصلِحُوا ذاتَ بَيْنِكُمْ) : ★

لە خودا بترسن‌و لە ناو خۆتانا ئاشووب مەگێڕن‌و ئەو گرێ‌و گۆڵەو ئەو ئازارو بێزارە وا لە ناوتانا دووریان بخەنەوە لە خۆتان‌و دڵتان دەرحەق بە یەك باش بکەن •

★ (وأَطِيعُوا اللهَ ورَسُولَه اِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنينَ) (١)

وە فەرمانی خوداو پێغەمەری خودا وەربگرن ئەگەر بە راستی موسڵمانن‌و ئیمانتان دامەزراوە •

★ (اِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ اِذا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ) ★

خاوه‌ن ئیمانه راسته‌کان ئه‌و که‌سانه‌ن که ناوی خودا برا له لایانا دڵیان ئه‌له‌رزێ‌و له هه‌یبه‌تی خودا ئه‌ترسێ •

★ (واِذا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آياتُه زَادَتْهُمْ اِيماناً وعلى رَبِّهِم يَتَوَكَّلُونَ) (٢) ★

وه کاتێ که ئایاتی خودایان به‌سه‌را ئه‌خوێنرێته‌وه ئه‌و ئایاتانه ئه‌بن به هۆی زیادبوونی ئیمان بۆ ئه‌وان‌و دڵیان دائه‌مه‌زرێ‌و سینه‌یان گوشاد ئه‌بێ‌و په‌رێشانی له دڵیانا نامێنێ‌و هه‌ر پشت به خودای خۆیان ئه‌به‌ستن بۆ پیرۆزی‌و به‌ختیاری له دنیاو قیامه‌تاو نارِوانن بۆ ده‌سکه‌وتی دنیاو ناکه‌ونه شوێن کێشمان کێشی ته‌ماعی تالآن یا ماڵی موسوڵمانان •

★ (الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلوةَ ومِمَّا رَزَقْناهُمْ يُنْفِقُونَ) (٣) ★

وه ئه‌و که‌سانه‌ن که به‌ڵگه دێننه‌وه له‌سه‌ر ئیمانه‌که‌یان به به‌جێهێنانی ئه‌و نوێژه که یه‌کێکه له پایه خاوه‌ن مایه‌کانی ئیسلام ، وه به‌وه که ئه‌و ماڵه‌ی داومانه پێیان به‌شێکی سه‌رف ئه‌که‌ن بۆ باقی موسوڵمانان له رێگه‌ی خودادا واته ماڵ‌و داراییه‌که وا له ده‌ستیاناو نه‌چه‌قیوه به دڵیانا •

★ (اولئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنونَ حَقّاً لَهُمْ دَرَجاتٌ عِنْدَ رَبِّهِم ومَغْفِرَةٌ ورِزْقٌ كَرِيمٌ) (٤) ★

ئه‌و که‌سانه که دارای ئه‌و سیفه‌تانه بوون ئه‌وان خاوه‌ن ئیمانی راستین‌و بۆ ئه‌وانه هه‌یه چه‌ن پایه‌ی به‌رز له حورمه‌ت‌و چه‌ن باڵه‌خانه‌ی خاوه‌ن پله‌یان هه‌یه له به‌هه‌شتاو چاوپۆشی خودایان بۆ دێ له‌و تاوانانه که به پێی هه‌وای نه‌فس هاتوه به سه‌ریاناو رزق‌و رۆزیه‌کی به که‌رامه‌ت‌و به حورمه‌تیان هه‌یه له به‌هه‌شتا •

★ ★ ★

★ (كما اَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنْ بَيْتِكَ بِالحَقِّ وانَّ فَرِيقاً مِنَ المُؤْمِنِينَ لَكارِهُونَ) (٥) ★

ئەم حاڵە کە جوانەکان بوویان لە هۆی ئەوەوە کە دەسکەوتی بەدر هەموو نەدرا بەوانو بەش کرا لە ناویانا وەکو یەکو ئەو ئەنجامە خێرە بەسوودە کە لەو بەشەوە پەیدا ئەبێو ئەوان نایزانن وەکو ئەوەیە کە خودای تۆ نۆی دەرکرد لە خانەو جێگەی خۆت لە مەدینەدا بە حیکمەتی خۆی لە گەڵ هاورێکانتا لە موهاجیرو ئەنصار بۆ سەر کاروانی قورەیش کە لە شامەوە گەڕایەوە بۆ مەکە • وە لەو کاتەدا تاقمێ لە موسوڵمانەکان لەوە دڵگران بوون کە خەتی رۆیشتنتان لە کاروانەکەوە گۆڕی بەرەو سوپای ئەهلی مەکە ، ئەوانە کە هاتبوون بۆ رزگارکردنی کاروانەکەو بۆ جەنگکردن لەگەڵ ئێوەدا •

★ (يُجادِلونَكَ فِي الحَقِّ بَعْدَ ما تَبَيَّنَ) ★

وە ئەو تاقمە دڵگرانە موجادەلەیان ئەکرد لە چوونە ناو ئەمرێ کە خودا بڕیاری دابو لە پاش ئەوە دەرکەوت بۆ حەزرەت کە پێویستە بێ وەکو جەنگکردن لەگەڵ کافرەکانا وە ئەیانوت : ئێمە هەر بۆ بەرانگاری کاروان هاتووینو نارۆین بۆ جەنگ ، چونکی بە خەیاڵی شەڕ نەهاتووینو چەکی باشمان پێ نیەو ئەم جەنگە زیانە بۆ ئێمە •

★ (كَأَنَّما يُساقُونَ الى المَوْتِ وهُمْ يَنْظُرُونَ) (٦) ★

وە لەو کاتی موجادەلەدا ئەوەندە ناحەز بوون لە رۆیشتنیان بۆ جەنگ وەك بۆ مردن ببرێنو گومانیان وابو هەموو ئەفەوتێنو ئەوانیش ئەیانڕوانی بۆ ئەسبابو نیشانەی مردن کە بریتی بو لە کەمیی خۆیانو زۆری دوژمنو لە بێچەکی خۆیانو پڕچەکی دوژمنو لە بێ ئیستیعدادیو بێ مادەیی خۆیانو بۆ ئیستیعدادی دوژمنەکان •

وە درێژەی باسەکە ئەمەیە کە کاروانێکی قورەیش لە شامەوە هاتەوە رووبەڕووی مەکەو ماڵێکی زۆریان پێ بوو ، چل سواریش پاسەوانی بوو

که ئەبو سوفیانو عەمری کوڕی عاصو مەخرەمەی کوڕی نەوفەڵو عەمری کوڕی هیشام لەو سوارانە بوون • جوبرەئیل هەواڵی گەڕانەوەی ئــەم کاروانەی دا بەحەزرەتو ئەویش هەواڵی دا بــە ئەصحابەکان ئەوانیش پێیان خۆش بوو بڕۆن بۆ ئەو کاروانە ؛ چونکی ماڵێکی زۆرو لەشکرێکی کەمی لەگەڵدا بوو ، کاتێ دەرچوون لە مەدینەی مونەووەرە ئــەم باســە گەیشت بە ئەهلی مەکەو ئەبوجەهل رۆیشتە سەر بانی کەعبەو بانگی کرد : خەڵکی مەکە پەلەپەل بکەنو فریای ماڵو داراییەکەتان بکەون بە ســوارەو پیادەوە ، چونکی ئەگەر محەمەد ئەم کاروانە بگرێ ئیتر ئێوە دائەکەونو قەت رزگار نابن •

جا ئەبو جەهل بە سوپای مەکەوە کەوتە رێ بەرەو سەرچاوەی بەدر کە ئاوێکە لە بەینی مەکەو مەدینەداو ساڵێ رۆژێ عەرەبەکان لەو شوێنەدا گرد ئەبوونەوە •

وە لەو کاتەدا ئەوان گەیشتنە نزیکی بەدر پێغەمەر (د)و هاوڕێکانی لە شیوی (دفران) دا بوونو جوبرەئیل هاتەخوارەوە بۆ لایو وەعــدەی پێدا کە . یا کاروانەکەی دەسگیر ئەبێ ، یا بە سەر سوپای کافرەکاندا زاڵ ئەبێ • جا حەزرەت (د) لەو شوێنەدا راوێژی کرد بە هاوڕێکانی ، بازێکیان لەم ڕاوێژە دڵگران بوونو وتیان : تۆ بۆچی وەختی خۆی باسی جەنگی مەکەییت بۆ نەکردین تا خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەینو ؟ ئیستە جەنگ بۆ ئێمە دەست نادا حەزرەت (د) فەرمووی : ئێمە لە راستیدا بۆ کاروانەکە هاتینو وا ئیستە کاروانەکە لە رێگەی کەناری دەریاوە دەرچوونو ئــەبــو جەهل بە سوپای ئەهلی مەکەوە هاتوە بۆ نزیکی ئێمە با بڕۆین جەنگ بکەین لە گەڵیانا ، ئەوانیش وتیان : نەخەیر هەر بڕۆین بە شوێنی کاروانەکەدا . جا لەوێدا حەزرەت (د) رقی داهاتو ئەبوبەکرو عومەر هەستان قسەیان کردو قسەی باشیان کرد لە بۆ ئەوە پێویستە بە فەرمانی حەزرەت (د) رەفتــار بکەین • جا میقدادی کوڕی عەمر وتی : ئەی پێغەمەری خودا فەرمو بــڕۆ

بۆ هەر کارێ کە خودا ئەمری پێ کردوویت ئێمە واین لە گەڵتا لە هەر شوێنێك بی‌و بە وێنەی بەنی ئیسرائیل ناڵێین (اذهب انت وربك فقاتلا انا ههنا فاعدون) وە ئەڵێین (اذهب انت وربك فقاتلا انا معكما مقاتلون) •
حەزرەت لەوێدا زەردەخەنەیەکی کرد •

جا رووی کردە کۆمەڵی ئەنصارو فەرمووی : (اشیروا عليّ ایها الناس) لەویا سەعدی کوڕی مەعاذ ـ خ ـ راستەوە بووو عەرزی کرد : ئەی پێغەمەری خودا مەبەستت ئێمەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، ئەویش وتی : ئێمە ئیمانمان هێناوە پێت‌و باوەڕمان پێ کردووی شایەتیمان داوە کە ئەو دینە تۆ هێناوتە حەقەو راستەو لەسەر فەرمانوەرگرتن‌و ئیتاعەکردن پەیمانمان پێ‌داوی‌و عەهدمان لەگەڵ کردووی ، کە وابێ بۆ کوێ ئەڕۆی فەرمو واین لە خزمەتتا سوێند بەو کەسەی تۆی ناردوە بە حەق ئەگەر بفەرمووی بڕۆنە ناو ئەو دەریاوە ئەڕۆینە ناوی‌و هیچ کەس لە ئێمە دوا ناکەوێ‌و دڵگران نابین لەوە کە لەگەڵ تۆدا بگەین بە دوژمنەکەمان‌و جەنگ بکەین • وە ئێمە لە کاتی جەنگدا خۆگرین‌و بە راستی مەیدانداری ئەکەین کاتێ بگەینە دوژمن ، وە هیوام وایە کە خودا چاوت روون بکاتەوە بە ئێمەو بەو کردەوەیە کە لە ئێمەوە ئەیبینی •

جا حەزرەت گەلێ دڵشار بوو فەرمووی : (سیروا على بركة الله فان الله قد وعدني احدى الطائفتين ، والله لكأني انظر الى مصارع القوم) •

وە لەم باسەوە دەرکەوت کە بازێ لە ئەصحابەکان خواستیان لەسەر جەنگ نەبو لەبەر بێ ئەسبابی‌و کەمی ژمارە وە زۆربەیان خواستیان لەسەر جەنگ بو ، وە لە واقیعا سوپای حەزرەت ـ د ـ سێصەدو سیازدە هەتا نۆزدە بوون وە تاقە دوو ئەسپ سواریان تێدا بوو : میقدادی کوڕی ئەسوەدو زوبەیری کوڕی عەووام • وە کافرەکان لە هەزار کەس زیاتر بوون‌و ئامادەیش بوون بۆ جەنگ بە هەموو جۆرێ ، بەڵام یارمەتی لە لای خوداوەیە •

★ (وَاِذْ يَعِدُكُمُ اللهُ اِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ اَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ اَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ) ★

واته : ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە خودای تەعالا وادەی دەسکەوتی یەکێ لەم دوو کۆمەڵەتان پێ ئەدا : یا کۆمەڵەی کاروانەکە بە هەموو ماڵو دارایەوە . یا کۆمەڵەی شەڕکەرەکانیان بەم شێوە کە زاڵ ئەبن بەسەریاناو گەلێ لە پاڵەواکانیان ئەکوژنو گەلێکیان بە دیل ئەگرن ، بەڵام خواستی ئێوە لەسەر ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵە بێ دڕکە ئارامەکە بۆ ئێوە بێ : چونکی بێ جەنگو داوا دەست ئەکەوت لە واقیعا کاروانەکە چل سواری تێدا بو کە شیریان بە دەستەوە بێو جەنگ بکەن وە ئەوانەیش بەرانبەر بە ئەصحابەکان قیمەتیان نەبوو •

★ (وَيُرِيدُ اللهُ اَنْ يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الكَافِرِينَ) (٧) ★

وە خودای تەعالایش خواستی لەسەر ئەوەیە کە دینی ئیسلام دابمەزرێنێو رەگو ریشەی کافرەکان ببڕێ • بە کورتی ئێو ئەتانویست ماڵتان دەست بکەوێ بە بێ جەنگو ئێمەیش ویستمان کافر کز ببێو ئیسلام بەرزەوە بێ بە هۆی فەرمانی خۆیەوە •

★ (لِيُحِقَّ الحَقَّ وَيُبْطِلَ البَاطِلَ وَلَوْ كَرِهَ المُجْرِمُونَ) (٨) ★

وە خودا بۆیە خواستی لەسەر ئەوە بو هەتا حەق دابمەزرێو بەتاڵ نەمێنێ هەرچەند کافرەکان پێیان ناخۆش بێ •

★ (اِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ اَنِّي مُمِدُّكُمْ بِاَلْفٍ مِنَ المَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ) (٩) ★

وە ئەو دامەزرانی حەقەو بەربادبوونی بەتاڵە لەو کاتەدا بوو کە ئێوە داوای پەناو یارمەتیتان ئەکرد لە خوداو خودای تەعالایش قەبوولی هاناو هاوارەکەی کردن بەوە کە فەرمووی ئەوا یارمەتیتان ئەدەم بە هەزار

فریشتەی پیرۆز کە حاڵیان وایە ئەخرێنە شوێنی موسوڵمانەکان یا بازێکیان دائەبەزن بە شوێنی بازێکیانا ، یاخود ئەمانە دوو هەزار فریشتەی تر بە شوێنی خۆیانا دێنن •

★ (وما جَعَلَهُ اللهُ اِلاّ بُشْری ولِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلوبُكُمْ وما النَّصْرُ اِلاّ مِنْ عِنْدِ اللهِ اِنَّ اللهَ عَزِیزٌ حَكِیمٌ) (١٠) ★

وە خودای تەعالا ناردنی ئەو فریشتانەی کرد بە هۆی موژدەو شادمانی بۆ ئێوە لەسەر زمانی پێغەمەری خۆشەویست (د) وە بۆ ئەوە کە دلتان دابمەزرێو لە وەسوەسە بکەوێ . وە لە واقیعدا خودای تەعالا حەزرەتی لە ناردنی ئەو فریشتانە ئاگادار کردوەو ئەویش هەواڵی بە یارانی داوە ئەگەرنا ئەوان ئەو فریشتانەیان بە چاو نەدیوە ، بەڵێ ریوایەت کراوە کە بازێ لەو ئەصحابانە فریشتەکانیان دیوە • وە ریوات کراوە لە (ابو اسید) کە یەکێ لەو ئەصحابانە کە حازری واقیعەی بەدر بوە فەرمویەتی - لە پاش ئەوە کوێر بوە - : ئەگەر ئیمڕۆ لە بەدرا لەگەڵتان بوایەم چاوم ببینایە ئەو جێگەم پیشان ئەدان کە مەلائیکەی لێ دەرچو . وە یارمەتیش نیەو نەصرەت بە فریشتەو بە غەیری فریشتە هەر لە لایەنی خوداوەیە •

★ (اِذْ یُغَشّیكُمُ النُّعاسَ اَمَنَةً مِنْهُ) ★

وە باسی ئەو منەتی خودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە خودای تەعالا خەوەنوچکەی نارد بۆ سەرتانو داگیری کردن لەبەر کێشانی بەرگی ئەمینیو هێمنی بەسەر دڵتاناو موبالات نەکردنتان بە وتووێژی ترسناکی ناوخۆو بە کەمیو بێچەکی خۆتانو زۆریو پڕچەکی دوژمنەکەتان ، وە زۆر باش خەوەنوچکە داگیری کردنو بە خۆشی نوستن •

★ (وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ وَيُذْهِبَ عَنْكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ) (١١) ★

وە باسی ئەو منەتانی خودا بکەن لە سەرتان کە لە شەوا نوستبوون دوور لە ئاوی (بەدر) خودا لە ئاسمانەوە بارانـــی بارانــدو ئاوی رژان بەسەرتانا بۆ ئەوە کە بەدەنتان پاك بکاتەوە بەو ئاوە لە بێدەسنوێـــژیو لەشپیسیو چڵكو عارەقی لەشتانو دڵتان پاك بکاتەوە لە وەسوەســـەی شەیتان کە خستیە دڵتانەوە بە هۆی بێ ئاویو دووریتان لە (بـــەدر)ەوە بۆ ئەوە کە باوەڕ ببەستێ بە دڵتانەوەو بۆ ئەوە کە راوەستاوتان بکـا لە سەر جیهاد لە ڕێگەی خودادا . یا پێتان دابمەزرێنێ لەسەر ئەو عـــەرزە لمینە کە باران پتەوی کردبووەوە ئەمانە هەمــو منەتی خــودای تـــەعالان لەسەرتان •

بزانن ! لە باسی کاتی ئەم خەوەنوچکەو باران بارینەدا گەلێ قسـە کراوە • بازێ ئەڵێ ئەمە لە ناوەڕاستی جەنگی (بەدر)ا بوە وەهـا خـــەو هاتوە بە سەریانا بە جارێ شمشێر لە دەستیان دابکەوێ بۆ ئەوە کە دڵیان بەو خەوەنوچکە ئارامی وەربگرێ . وەبازێ وتوویەتی لە پاش جەنگەکـــە بوە کە ئەمین بوونەوە لە شەڕی کافرەکان خەو بردنیەوە ••• بەڵام ئەمانە راست نینو موافیقی حەق ئەمەیە کە لە گەلێ تەفسیری باوەڕپێکراوا هەیە کە خەوەنوچکە شەوی پێش جەنگەکە بوەو حەزرەت ـدـ پاش ئــەوە راوێژی کرد بە ئەصحابەکانو بڕیاری دا بێن بۆ جەنگ لەگەڵ کافرەکان ، هاتن دابەزین لە شوێنێکی لمینی بێئاو لە نزیکی ئاوی (بەدر)ا کاتـــێ دابەزین کەوتنە دالغەوە کە ئەم شوێنە بێئاوەو ئێمە کـــەمینو دوژمـــن زۆرن ئێمە کەم چەکینو ئەوان پڕ چەکنو ئاومان لێ دوورە بۆ غوسڵو دەسنوێژو چێشتو نانو خواردنەوەو گەلێ دالغە کەوتە دڵی بازێکیانەوە بە تایبەتی ئەوانە کە دڵیان بە جەنگەوە نەبوو • بەڵام بە میهرەبانی خـودا

زوبەزو بە خەوەنوچكە داگیری كردنو خەویان لێكەوتو باش نوستنو هەر لەو شەوەدا بارانێكی باش باریو سبەینێ لۆمەڵتەی زۆریان دروست كرد بۆ دەسنوێژو عوسڵو خواردنەوەو دڵی لە داڵغە پاككردنەوەو عەرزەكەیشی پتەوكردەوە بۆ هاتو چۆ بە ئاسانی سبەینێ لەو شوێنە هەستانو ڕۆیشتن هەتا دابەزین لە عەرزی ڕەقی چەقانا لە لای ئاوێك كە لە خواری هەمو ئاوەكانی (بەدر)ا بو لەویا (حبابیكوڕی مونذیر) عەرزی حەرزەتی كرد : ئەم دابەزینە بە وەحیە یا لەسەر بیرو ڕایە ؟

ئەویش فەرمووی : لەسەر بیرو ڕایە • جا عەرزی كرد : مادام وایە ئەمر بفەرمو با بڕۆین لە لای ئاوە ژوروەكەدا دابەزینو هەموو ئاوەكان بكەونە دەستی ئێمەو كافرەكان لە ئاوەكان بێبەش ببن • فەرمووی : باشەو ئەمری فەرموو باریان كردو لە لای ئاوی سەرووداا كە ئێستە وا لە بەردەمی مزگەوتەكەدا دابەزینو هەموو ئاوەكان كەوتنە دەستی ئەصحابەكان •

جا سەعدی كوڕی مەعاذ ، لە ئەنصار ، ـ خ ـ داوای ئەوەی كرد كەپرێ ببەستن بۆ حەزرەت ـ د ـ لەسەر ئەو ئاوەو بازێ لە یاران لە خزمەتیا بن ئەگەر خودا سەری خستن بەسەر كافرەكانا ئەوە باشە ئەگەرنا دا ئەو رزگار ببێو نەكەوێتە دەستیان بەم جۆرە كەپرێكیان بۆ بەست •

جا هەر لەوێدا هەموو لایێ دڵیان دامەزراو نیشاتیان زیاد بوو و حەزرەت ـ د ـ دەستی كرد بە دڵخۆشی دانەوەیانو موژدەی ئەدا بە یارمەتی خودا بۆیان ، هەتا ئەیفەرمو : ئا ئەوە جێگەی فلان كافرە كە ئەكوژرێو ئەوە جێگەی فلان كافرە تا ژمارەیێ • وە هێشتا كافرەكان هەر دوور بوون لەو شوێنانە ، وە دوای شەڕەكە دەركەوت كە لەو شوێنانەدا كوژرانو ئەو ڕۆژە پێنج شەمەی شازدەی ڕەمەزانی پیرۆز بو ، هەر لەو

شوێنەدا! مانەوەو شەویش لەوێ بوونو سبەینێ رۆژی جومعەی حەڤدەی رەمەزانی موبارەك ئەصحابەكان دەرچوون بەرەوڕووی كافرەكان كـــە لێیان نزیك بووبوونەوەو رۆیشتن بۆ ئەو باسكە درێژە وا لــە رۆژئاوای بەدرا بۆ جەنگكردن لەگەڵیاناو حەزرەت ـ د ـ دوو ركات نوێژی كردو دەستی كرد بە دۆعاو پاڕانەوە لە حوزووری خودادا یاخـود بە ریوایەتێ دۆعاكەی هەر لە ئێوارەی شەوی جومعەدا بو (بە عورفی موسوڵمانان) فەرمووی :

(اللهم هذه قريش قد اقبلت بخيلائها وفخرها تحـــادك وتكـــذب رسولك . اللهم فنصرك الذي وعدتني ، واللهـــم احنهـــم الغـــداة •) هەروا ئەپاڕایەوە هەتا ئەبوبەكر باوەشی پێداكردو عەرزی كرد : (يا رسول الله ابشـــــر فوالذي نفسي بيده لينجزن الله لك مــــــا وعـــدك) • هـــــەروا موسوڵمانەكانیش هـــەر لـــــەو شەوەدا لـــە خـــودا ئەپاڕانەوە بە ئیخلاص‌و دڵگەرمی بە هیوای یارمەتی ، جا لە سبەینـێ‌ی رۆژی جومعە لە حەڤدەی رەمەزانا لە پاش دوو ساڵ لە كۆچـی حەزرەت بۆ مەدینە جەنگ دامەزرا لە بەینی ئەصحابەو كافرەكاناو حەزرەت مشتێ گڵی هەڵگرت‌و بەرەوڕووی كافرەكان فڕەی داو فەرمووی : (شـــاهت الوجوه) : یا خودا رووی ئەو كافرانە ناشیرین بێ ، واتـــە بشـــكێن‌و ناوچاوانیان تاڵ بێ بە هۆی ئەو شكاندنەوە ، یاخود سەرو چاویان بـــەر شیرو تیر بكەوێ‌و عەیبدار بن ، وە یاخود بەرچاویان تاریك بێ‌و بـــەر پێی خۆیان نەبینن هەتا نیشاطیان بێ لە جەنگەكەدا • وە فیعلەن وایـــان بەسەرا هات •

★ (اِذْ يوحي رَبُّكَ اِلى المَلٰئِكَةِ : اَنّي مَعَكُمْ) ★

واتە دڵتان دابمەزرێنێ لەو كاتەدا كە خودا وەحـــی كرد بـــۆ لای مەلائیكە كە من وام لەگەڵ ئێوەدا بە یارمەتی‌و كۆمەكـــی‌كـــردن بـــۆ موسوڵمانەكان •

★ (فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا) ★

ئێوەیش ئەی فریشتەکان مەئموور بن لە لایەنی منەوە بۆ ئەوە دڵی موسوڵمانەکان قایم بکەنو دای بمەزرێنن لەسەر جیهادکردنو نەترسانو مەڕوانن بۆ زۆری ژمارەی کافرەکانو پایەو مایەو شانیان وا مەزانن زاڵ ئەبن بەسەرتانا •

★ (سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ) ★

بە راستیو تەئکید ترسو بیم ئەهاوێمە ناو دڵی کافرەکانەوە •

★ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ) (١٢) ★

ئەی فریشتەکان بدەن لە لاژووررووی گەردنی کافرەکانو لێیان دەن بە شیر لە هەمو پەنجەو ئەترافی لەشیان •

★ (ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِقِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللهَ شَدِيدُ العِقَابِ) (١٣) ★

ئەم کوشتنو بڕینەو ئەم زامو برینەم دا بە سەر ئەو کافرانەدا لەبەر ئەوە کە زۆر دوژمنایەتییان لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا کرد ، وە هەر کەسێ دوژمنایەتی لەگەڵ خوداو پێغەمەری خوادا بکا ئەوە خودا بەرابەر بەوانە سزای سەختو بێ سامانە • جا روو ئەکاتە کافرەکانیش پێیان ئەفەرموێت :

★ (ذَلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ) (١٤)★

ئەو سزایە بۆ ئێوەیە دەی بیچێژنو بزانن کە سزای سەختی نەبڕاوە بە ئاگری دۆزەخ لە بۆ کافرەکانە •

بێدار بن ! لەسەر زاهیری ئایەتی (اذ يوحي ربك) فریشتەکان جەنگیان کرد لەگەڵ کافرەکانا لە واقیعەی (بەدر)او لێیان کوشتوونو بریندایان کردوون بە گوێرەی فەرمانی خودا • واتە ئەوانەیان کە ئاکامیان هاتبو بە فەرمانی خودا لەو سەعاتو رۆژەدا کوژراونو بریندار

کراون بە دەستی فریشتەکان یا بە دەستی موسوڵمانەکان • وە ئەو قسە کە وتراوە : بۆچی کەس چاوی نەکەوتوە بە فریشتەیێ ؟ یان بۆچی هەمـــوو کافرەکانیان نەکوشت ؟ چونکی ئەیانتوانی هەموویان بکوژن بەڵکو بـــە ناقە یەکێکیان وڵاتێ بەرباد ئەبێ ••• ؟ واتەیەکی زۆر هەڵەو بێ ســـەرو بـــەرە چونکی فریشتە مەئموورێ غـــەیبین چاوی هـــەموو کەس نایانبینێو دەستوەشاندنی مەلائیکە لە هەر کەسێ لەسەر فەرمانی زاتی خودایەو جوبرەئیل ناتوانێ پەنجەی کەسێ ببڕێ هەتا خودا ئەمری پـــێ نەکا (لا یعصون الله ما امرهم ویفعلون ما یؤمرون) ئەوەنـــدە دەستیان وەشاند کە ئەمریان پێدرابو لەوە زیاتر نەیانتوانی • زیاد لەمە ئەگەر لـــە هەر جەنگێکدا فریشتە بێنە خوارەوەو دوژمنەکان بکوژن ئیتر قیمەت بۆ جیهادی ئەصحابە یا باقی موجاهیدان نامێنێ •

وەلحاصڵ هەر کاتێ خودا ویستی فریشتە نازڵ بکا ئەیانێرێ لەگەڵ ڕەوح و ڕەحمەتو پیرۆزی مەعنەویدا بە جۆرێ کە ئەفرادی ســـوپای موسوڵمان سەرمەستو سەربەست بکاو بە ڕاستی مەیدان بگرنو جیهاد بکەن • ئیتر شەرت نیە کاتێ فریشتە هاتەخوارەوە خودا لە سوننـــەتو ڕێبازی بڕیاردراوی خۆی لابداو بە جارێ جیهان وێران بکا • وە لادان لە زاهیری ئەم ئایەتە بە تەئویلاتو قیلو قال ـ بە بیرو باوەڕی من ـ یا لـــە بێهێزی باوەڕە وە یا لە کەمی زانستە بە کرداری خودای تەعالا •

× × ×

شیرێ لە کوورەی غەیبی ئاو بدرێ
یا فریشتەی غەیب لە دەستی بگرێ
میرێ کە تاجی خواستی خودا بێ
ئەبێ تەختەکەی پەنای مەولا بێ
دەمێ کە جێگەی نەفحەی قودسی بێ
پێویستە شیفای زامی نەفسی بێ

دەستێ کە عەسای موسا هەڵبگرێ
بدا! لە فیرعەون بێگومان ئەمرێ

تا مەیلی خودا یاری ئینسان بێ
ئەبێ مەرکەزی دەورەی ئیحسان بێ

وێنەی جیلوەی حەق جیلوەی هەتاوە
دای لە هەر دڵێ بە نوورو تاوە

کانێ لا بدا لە هـەر سـەرایێ
ڕووناکی ناکا هـەزار چرایـێ

لەسەر حەقیقەت نووری تەوەکول
ڕۆحی ئینسانە ماباقـی تویـکڵ

ئەسباب لە بۆ کار یاسای خودایە
بەڵام بە بێ خواست بەندی یەك بایە

فەرزە تێکۆشین تاڵی بنۆشین
زرێو تاس‌کڵاو بە حەق بپۆشین

بەڵام بە زرێ (داود) سەرنەکـەوت
بە تافە بەردێ (جالووت)ی بۆ کەوت

(نامی) وا ئەڵێ تا لەسەر عەرزم
هەر تەوەکولە بناغـەی دەرزم

× × ×

جا خودای تەعالا بۆ دڵقایمکردنی موسوڵمانەکان بە تایبەتی لـەو کاتەدا کە هێشتا ژمارەیان زۆر نەبووبوو و پێویستیان بە خۆڕاگرتـنو فیداکاری زۆر بوو پێیی فەرموون :

★ (يا اَيُّها الَّذينَ آمَنُوا اِذا لَقِيتُمُ الَّذينَ كَفَرُوا زَحْفاً فَلا تُوَلُّوهُمُ الاَدْبارَ)(١٥) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوداو پێغەمەرو بە راستی دینەکەتانو بە هاتنەجێگەی جەزاتانو خۆتان ئەناسن کاتێ گەیشتن بەوانەی کافرن بە دینی ئێوەو حاڵیان وابو کە بە زۆری هێرشیان ئەهێنا قەت پشتیان لێ هەڵ مەکەن (هەزار مەن ئاو بەردێ ناشکێنێ) •

★ (ومَنْ يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ ـ اِلاَّ مُتَحَرِّفاً لِقِتالٍ اَوْ مُتَحَيِّزاً اِلى فِئَةٍ ـ فَقَدْ باءَ بِغَضَبٍ مِنَ اللهِ ومَأْويهُ جَهَنَّمُ وبِئْسَ الْمَصيرُ) (٦) ★

وە هەرکەسێ لە رۆژی گەیشتن بە دوژمنەکانا پشتیان لێ هەڵ بکاو بگەڕێتە دواوە ـ ئیللا بە شێوەی فەن بازی بۆ جەنگ کردن ـ واتە بە فێڵ خۆی بشکێنێ بۆ دوژمنەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە سەریان یا بۆ ئەوە کە بگات بە جێگەی کۆمەڵێ لە هاوڕێکانی لە نزیکی ئەو رەزمگادا •• ئەوە بە راستی گەڕاوەتەوە لەگەڵ غەزەبی خوداداو جێگەی ئەو دنیایشی دۆزەخەو خراپ شوێنێکە دۆزەخ •

فەرموودەی خودا : (فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم .. الآية)

بەهێزترینی قسەکان ئەمەیە کە ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە پاش رووداوی (بەدر) کاتێ کە ئەصحابەکان باسی هاتوچۆی خۆیانیان ئەکردو ئەیانوت : فلاّنسان کوشتو فلاّنەکەسمان گرت ••• بە شێوەیەکی وەها کە بێنی تاریفی نەفسی لێ ئەهات • جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارد بۆ دەربڕینی حەقیقەتو بۆ ئەوە کە ئەو زاڵبوونە لە خوداوە بزانن •

وە لەم ئایەتەدا پرسیار ئەکرێ : ئەگەر مەبەس لە نەفی کوشتن وە خۆڵ فڕەدان نەفی ئیجادو خەلقە ئەوە بە یاسای ئیسلام شتێکی دیاریەو

بۆ باسکردن ناشێ ؛ چونکی مەعلوومە کە هەموو شتێ خودا دروستی ئەکا ، وە ئەگەر مەبەس نەفی کەسبو موباشەرەیە ئەوە راست نیە ؛ چونکی کەسبی کوشتنەکەو رەمیەکە لە موباشەرەکانەوە بوە !

وەلامی ئەم پرسیارە ئەمەیە : کە مەبەس نەفی خەلقو ئیجاد نیە بەلکو مەبەس نەفی کەسبو موباشەرەیە بەلام نەك بە ئیعتیباری ئەصلی کەسبەکە بەلکو بە ئیعتیباری ئەو ئاسارە زۆرە کە لەو کردەوانە پەیدا بوە ۰ یانی خودا ئەفەرموێت بە ئەصحابەکان ۰

★ (فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ) : ★

ئێوە کە ئەو کافرانەتان کوشت زاهیرەن هەر بە هێزی نەفسی خۆتان نەبو ۰

★ (وَلَكِنَّ اللهَ قَتَلَهُمْ) ★

بەلام خودا یارمەتی ئێوەی داو هێزی فریشتەکانی نارد بۆ یارمەتیتانو بۆ دڵگەرمکردنتان وەها کە ترس لە دڵتانا نەما ۰ وە مادام ئەم نەوعە تەئییدە نەبوایە جوزئی ئاخر لە عیللەتی کوشتنەکەیان نەدەهاتە جێو بە هۆی ئەوەوە عیللەت تەواو بو ئەوە خودا ئەو کافرانەی کوشت ، وەکو یەکێ سەری کەسێ ببڕێ تا نیوەو کەسێکی تر چەقۆیێ تیژتر بێنێو سەری کەسەکە جیا بکاتەوە لە لەشەکەی ئەڵێن ئەم ئینسانە دوەمە سەری فلانی بڕی ۰ وە فەرموویشی بە حەزرەت :

★ (وما رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ ولَكِنَّ اللهَ رَمَى) ★

واتە خۆڵێکی وا کە بگا بە چاوی هەموو کافرەکان بە تۆ فڕە نەئەدرا لەو کاتەدا کە تۆ خۆڵەکەت فڕەدا بەرەوڕووی ئەوان ، بەلام خوای تەعالا ئەو بەردو خۆڵەی فڕەدا بە جۆرێ بگا بە چاوی هەموو ئەو کافرانەو هەموو مەشغووڵ بین بە چاویانەوە هەتا ئەصحابەکان فرصەتیان لێ بێننو زاڵ بین بە سەریانا ۰

★ (وليُبْلِيَ المُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلاءً حَسَناً اِنَّ اللهَ سَمِيعٌ عَليمٌ) (١٧) ★

وە خودای تەعالا ئەو میهرەبانیە گەورەیە کرد لەگەڵتانا بۆ ئــەوە کە نیعمەت بڕژێنێ بە سەریانا بە شێوەیەکی جوانی وەها دەنگ بداتــەوە لە دنیادا . چونکی بە راستی خودای تەعالا هــاوارو لاڵــەو پاڵــەو پاڕانەوەکانی موسوڵمانەکانی بیستو زانایش بو بە مەبەستی دڵیانو بـۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام ئەو هاتو هاواریانە ئەکرد •

★ (ذلِكُمْ واَنَّ اللهَ مُوهِنُ كَيْدِ الكَافِرِينَ)(١٨) ★

ئەو نیعمەتڕژانە بەسەر موسوڵمانەکانا جێگەی خـۆی گـرت وە بزانن کە خودا مەکرو فێڵی کافرەکان ئەشکێنێ • جا خـودای تــەعالا بە رووی سەرزەنشو تەحقیرەوە روو ئەکاتە کافرەکانو ئەفەرموێت :

★ (اِنْ تَسْتَفْتِحُوا فَقَدْ جاءَكُمُ الفَتْحُ) ★

ئەی ئەهلی (مەکە) ئەگەر داوای فەتحو یارمەتی ئەکەن لە خــودا بەسەر موسوڵمانەکانا وە لەو کاتەدا هاتن بەرەوڕووی بــەدر دەســتان گرت بە پەردەی خانووی کەعبەوەو پاڕانەوە لە خودا وا چاوتان کــەوت بە فەتحو نەصرەت هات بۆتان بەڵام نەبوو بەماڵی ئێوە بەڵکو بوو بــە بەشی خوداپێداوەکان کە موسوڵمانەکانن •

★ (واِنْ تَنْتَهوا فَهُوَ خَيْرٌلَكُمْ) ★

وە ئەگەر دەستبەردار بین لە هاوڕێ بۆ خودا دانان ئەوە باشــە بۆ ئێوە چونکی ئەبێ بە هۆی سەلامەتی دنیاو قیامەتتان •

★ (واِنْ تَعُودُوا نَعُدْ ولَنْ تُغْنِيَ عَنْكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئاً ـ ولَوْ كَثُرَتْ ـ) : ★

وە ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ سەر جەنگکردن لەگەڵ موسوڵمانانا بۆ هێزدان بە کوفر ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بـۆ ســەر یارمەتیــدانــی

موسوڵمانەکان ، وە هەتا هەتایە ئەو قەرەباڵغەو ئەو هەواخواهانی ئێـــوە قازانجێکی بە نرختان پێ نادەن هەرچەن زۆریش بن •

★ (وَاَنَّ اللهَ مَعَ المُؤْمِنِينَ) : (١٩) ★

بزانن خودا وا لەگەڵ موسوڵمانەکاناو گەلێك کە خودا لە گەڵیانـــا بێ ئەگەر جار بەجارێکیش نزم بین هەر بەرزئەبنەوە مادام راست بکەن • جا خودا روو ئەکاتەوە بە لای موسوڵمانەکاناو ئەفەرموێت :

★ (يا اَيُّها الَّذينَ آمَنُوا اَطِيعُوا اللهَ وَرَسُولَهُ وَلا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَاَنْتُمْ تَسْمَعُونَ) (٢٠) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام فەرمانبەری خوداو پێغەمەری خودا بکەنو پشت هەڵمەکەن لە پێغەمەری خـــودا ودلحـــاڵ ئێوە گوێتان وا لە کەلامی خوداوە کە بە سەرتانا ئەخوێنرێتەوەو گوێتان وا لە ئامۆژگاری پێغەمەرەوە ـ د ـ •

★ (وَلا تَكُونُـوا كَالَّذِينَ قالُـــوا : سَمِعْنَـــا وَهُـــمْ لا يَسْمَعُونَ (٢١) اِنَّ شَرَّ الدَّوابِّ عِنْدَ اللهِ الصُّمُّ البُكْـمُ الَّذِينَ لا يَعْقِلُونَ) (٢٢) ★

وە بە وێنەی ئەو کافرانە مەبن کە ئەڵێن : بیستمان ، کەچـــی بـــە راستی نابیسن ، بە راستی خراپترینو بێفـــەڕتریـــنو بێسوودتریـــن گیانلەبەرانی دنیا لە لای خودا ئەوانەن کە کەڕنو ئامـۆژگاری نابیێن وە ئەوانەن کە لاڵنو ناتوانن کە عوزری خۆیان بەیان بکەن وە ئەمانە ئـــەو حەیوانانە نین کە فیعلەن کەڕو لاڵ بن بەڵکو ئەوانەن کە عەقڵیان ناشکێ بە حەقدا، چونکا گیانلەبەر کە عەقڵی نەبووو فەرقی سوودو زیانی راستەقینەی نەکرد ئەوە هەرچەن دەموچاوو گوێی بیێ شتی بە نرخ وەرناگرێ • ئیبنو عەباس فەرموویەتی : ئەم ئایەتە نازڵ بو لە شانی چەن کەسێك لـــە (بنی عبد الدار)دا ئەیانوت : ئێمە کەڕو لاڵو کوێرین دەربارەی ئـــەوە کە محەمەد هێناویەتی وە بە قەزای خودا هەموویان لە جەنگی (بەدر)ا

کوژرانو کەسیان لێ رزگار نەبو دوان نەبێ : (مصعبی کوڕی عمیر)و (سویبطی کوڕی حەرمەلە) •

★ (ولَوْ عَلِمَ اللهُ فِيهِمْ خَيْراً لأَسْمَعَهُمْ) ★

ئەگەر ئەمانە حاڵیان وابوایە کە خودای تەعالا خێرێكو نیازێکی باشی لە دڵیانا دەرك بکردایە ئەوە ئامۆژگاریو ئایاتی خۆی ئەخستە گوێیانەوە بە نەوعێ کە سوودی هەردوو جیهانی لێوەربگرن ، وە مادام کە خێر یە لە حاڵیاناو نیازیان باش نیە خودایش ئەو نەوعە دەرزو بیستنەیان فێر ناکاو پێ ناگەیەنێ وە تەنیا ـ ئەگەر بیکا ـ فێری بیستنو بیساندنێکی ئاساییان ئەکات •

★ (ولَوْ أَسْمَعَهُمْ لتَوَلَّوْا وهُمْ مُعْرِضونَ) (٢٣) ★

جا لەم حاڵەتەدا کە نیازیان خێر نیە ئەگەر خودا دەرزێکی عادەتیشیان دابدا هەر پشت هەڵئەکەنو وەری ناگرنو بە دەوام ئەوانە پشتیان لە حەقەو موبالات ناکەن بەوانە کە راستیان نیشان ئەدەن •

★ (يا أَيُّها الذِّينَ آمَنُوا اسْتَجِيبوا لله ولِلرَّسولِ اذا دَعاكُمْ لِما يُحْيِيكُمْ واعْلَمُوا انَّ اللهَ يحولُ بَيْنَ المَرْءِ وقَلْبِهِ) ★ :

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام بە پەلە وەڵامی خوداو پێغەمەری بدەنەوەو حازر بن بۆ فەرمانوەرگرتن کاتێ کە پێغەمەر بانگی کردن بۆ وەرگرتنی دینێ کە وەکو رۆحی ئینسان وایەو زیندووتان ئەکاتەوە بەو دینە . وە ئەو کاتی بانگکردن بۆ وەرگرتنی دینە بە فرسەت بزانن‌و زایەی مەکەن بزانن کە خودای تەعالا زوێر بو لە کەسێ بە هۆی موبالات نەکردنیەوە بە بانگی ئیسلام ئەبێ بە حائیلو مانیع لە بەینی ئەو ئینسانەو دڵیا ئیتر نایەڵێ حەق بڕواتە ناویو رووناك بێتەوە بە نووری هیدایەت • واتە بانگکردن بۆ دینی ئیسلام نیعمەتە مادام ئینسان پشتی لەو نیعمەتە هەڵکردو زوو نەهات وەری بگرێ ئیتر لە دەستی دەرئەچێ •

ئەم ئایەتەدا چەن مەعنایێ تریان بەیان کردوە :

یەکەم : ئەی موسوڵمانان ئیطاعەی رەهبەر بکەن ؛ چونکی هەموو کاتێ دڵ زیندوو نابێو ئینسان باوەڕی بە ژیان نابێ ببێ ؛ چونکی خودا ئەبێ بە حائیل لە بەینی ئینسانو حەیاتی دنیا ، واتە ئینسان ئەمرێو پاش مردن مەجالی خوداپەرستیو بەندەیی نیە ، وە تا بەسەر زیندوون ئامادە بن بۆ ئیتاعەی پێغەمەری خودا •

دووهەم : ئەمەیە کە مەبەس لە (قلب) عەقڵو هۆشە ، واتە هەموو کاتێ خاوەنی عەقڵو هۆش نابنو وا ئەبێ خودا ئەبێ بە مانیع لە بەینی ئینسانو عەقڵدا ، واتە عەقڵەکەی لێ ئەستێنێو شێتی ئەکاتو لە پاش شێتی مەجالی کردەوە نامێنێ •

سێهەم : ئەمەیە ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بەمە کە خودا زۆر نزیکە لە دلی ئینسانەوەو ئاگادارە لەسەر هەر شتێ وا لە دڵدا ، واتە پەلە بکەن بۆ ئیتاعەی رەهبەر . وە ئەگەر بیری بێ ئیتاعەییتان ببێ خودا ئاگاداری ئەو بیرەیە ؛ چونکی عالمە بە وەسوەسەی نەفسو خودا وا لە بەینی ئینسانو دڵیاو هەر خەیاڵێ بێ بە دڵیدا لە خودا ون نابێ •

★ (وأَنَّهُ إلَيْهِ تُحْشَرُونَ) (٢٤) ★

وە بزانن بە راستی کە ئێوە بۆ لای خودا ئەگێڕینەوەو گردئەکرێنەوە لە لای ئەودا لە رۆژی قیامەتا بۆ پرسیارو موحاسەبەی بیرو باوەڕو کردەوەکانتان •

★ (واتَّقُوا فِتْنَةً لا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خاصَّةً) ★

لە پاش ئەوە کە خودای تەعالا ئەمری فەرموو بەوە کە موسوڵمانان بە قەی تەواناى خۆیان بچن بە دەم فەرمانی پێغەمەرەوەو پەیڕەوی بکەن••

ئەمری پێ فەرموون بە خۆپارازتن لە فیتنەو فەرمووی خۆتان بپارێزن لە مسیبەتێ کە تاوانبارو بێتاوان ئەگرێتەوە ، وەکو راگرتنی مونکەرو کاری ناڕەوا لە ناو گەلو کۆمەڵداو موداهەنەو روپامایی لە ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە لە ناوتانا • وە وەکو ناکۆکی پەیدابوون لە بەینی پیاوانی قسەڕەوای ولاتا وەکو ئەوە کە کۆمەڵێ فکرێکی نابار دەربڕن کە خیلافی مەصلەحەتی گشتی بێو ئەوانە کە خاوەن دەستەلاتن نەچن بە گژیا ، بۆ نموونە : وەکو ئەوە کە بازێ لە (ئەصحابی بەدر) سوور بوون لەسەر ئەوە کە بڕۆن بە شوێن کاروانەکەداو نەڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵ کافرەکان ، ئەمە حەق وابو کە باقی ئەصحابەکان بەرانگاری بکەن ، چونکی ئەگەر لەسەر بیری ئەوانە موعامەلە بکرایە هەموو لایێ گیرۆدەی زەحمەت ئەبوون ، وە پێویستە لە هەموو رۆژێکا بە قەی تاقەت تێکۆشێ بۆ چاری •

★ (واعلَمُوا أنَّ اللهَ شَدِيدُ العِقَابِ) (٢٥) ★

بزانن بە راستی خودا تۆڵەی بە شیددەتە بەرابەر بەو کەسانە کە لە فەرمانی خودا دەر ئەچن •

جا لێرەدا پرسیارێ هەیە : کە چۆن خودای (ارحم الراحمین) ئەو فیتنەیە عام ئەکا بۆ تاوانبارو بێ تاوان ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە : خودای تەعالا موختارە لە هەموو کارێکدا ، تەماشا ئەکەی منداڵ بە منداڵی ئەمرێنێو . باوکی منداڵان ئەکوژێو ، ئینسان کەڕو کوێرو لاڵ ئەکاو کەس ناتوانێ بەرابەر بەم کارەساتانە قسە بکا ، چونکی ئەگەر خودا موحاسەبە بکرێ لە کردەوەیدا مەعنای خودایەتی خودا نامێنێ ، بۆیە فەرموویە : (لا يسئل عما يفعل وهم يسئلون) •

زیاد لەمەیش مەبەس لە زاڵمەکان لەم ئایەتەدا ئەوانەن کە خەریکی کارە ناهەموارەکەنو ئەو کەسانەیش کە بەرابەر بەو کارە ناهەموارە قسە ناکەن هەر تاوانبارنو مەحوکردنەوەی ئەوانیش لەسەر تاوانی بێدەنگیو

فسەنەکردنەکەیانە ؛ چونکی کەسێ بێدەنگ بێ لە سەر مونکەرات لە کاتی دەستڕۆیشتنا ئەوەیش تاوانبارەو هاوبەشە لە گوناهی زاڵمانا ، بەڵێ بێ دەستەڵاتو غەیرە موکەللەف بێ تاوانن‌و پاداشیان ئەدرێتەوە •

★ (واذكرُوا اِذْ انْتُمْ قَلِيلٌ مُسْتَضْعَفُونَ فِي الاَرْضِ) ★

ئەی موسوڵمانەکان بیری ئەوە بکەنەوە کە ئێوە ژمارەتان کەم بوو بێ هێز بوون لە عەرزی مەکەدا •

★ (تَخافُونَ اَنْ يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فآويكُمْ وايَّدَكُمْ بِنَصْرِهِ) ★

بیمتان بو کە کافرەکانی قورەیش لەو عەرزە هەڵتان بگرن‌و دوورتان بخەنەوە لە ئاوەدانی کەچی خودا بە میهرەبانی خۆی جێگەی کردنەوە لە شاری مەدینەی مونەووەرەداو دامەزران بە هۆی هێزی خۆیەوەو خاوەن هێزی کردن بەوە کە نەصرەتی دان‌و زاڵی کردن بەسەر کافرەکانا لە رووداوی (بەدر) دا •

★ (ورَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّباتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (٢٦) ★

وە رزقی پێدان لە دارایی‌وماڵێکی پەسەندی ماقووڵ کە ماڵی تالانی کافرەکانی بەدر بو بەڵکو ئێوە سوپاسی نیعمەتی خودای خۆتان بکەن •

★ (يا ايُّها الَّذينَ آمَنُوا لا تَخُونُوا اللهَ والرَّسولَ وتَخُونُوا اَماناتِكُمْ) ★

ئەی کەسانێ کە ئیماتتان هێناوە بە دینی ئیسلام خەیانەت مەکەن لەگەڵ پێغەمەری خودا بە تەرکی ئەو واجبانەو ئەو سوننەتانە کە خودا بڕیاری داون لە سەرتان ، وە خەیانەت مەکەن لە یەکتر بە تایبەتی لەو ماڵەدا کە ماڵی گشتی‌یە وەکو ماڵی غەنیمەت لە پێش دابەشکردنیا •

★ (وانْتُمْ تَعْلَمونَ) (٢٧) ★

وەلحاڵ ئێوە ئەزانن کە ئەمانەت چۆنەو خەیانەت چۆنە •

★ (واعْلَمُوا اَنَّما امْوالُكُمْ واوْلادُكُمْ فِتْنَةٌ واَنَّ اللهَ عِنْدَهُ اجْرٌ عَظِيمٌ) (٢٨) ★

وە بزانن بە راستی دارایی‌و ئەولادتان هۆی فیتنەو ئیمتیحانن بـۆ ئێوە ، وە دەرچوون لەو فیتنە بە هەموو کەس ناکرێ وە دەسبەرداربوونیان گرانە وە بزانن کە خودای تەعالا هەیە لە لای بۆ ئێوە پاداشێکی گـەورە ئەگەر ئینسان هەتا لە تەوانایا بێ جانیبی خوداو پێغەمەری خودا بە راستی بگرێ وە لانەدا بە لای دوژمنانی دینی ئیسلاما لە بەر خزمەتی ئـەولادو دارابیەکەی •

موفەسیرەکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە شانی ئەبو لوبابەی کوڕی عبدالمنذری ئەنصاریدا کاتێ کە حەزرەت ـ د ـ گەمارۆی یەهوودی (قریظه)ی دا بیستو یەك شەو • جا داوای سوڵحیان کرد لە حەزرەت بەو جۆرە کە سوڵحی کردوە لەگەڵ‌یەهوودی (بنی نضیر)ا لەسەر ئەم قەرارە بار بکەن‌و بۆ (اذرعات)و (اریحا) لە وڵاتی شام . وە حەزرەت بەمە رازی نەبوو هەتا دێنە سەر ئەو حوکمە کە سەعدی کوڕی مەعاذ رازی ئەبێ • ئەوانیش قەبووڵیان نەکردو داوایان کرد لە حەزرەت ـ د ـ کە (ابو لبابه) بنێرێ بۆ لایان ؛ چونکی تێکەڵی هەبوو لەگەڵیاناو ماڵ‌و منداڵی لە ناو ئەوانا بو ، وە حەزرەت ئەبو لوبابەی نارد ئەوانیش وتیان : ئەی ئەبو لوبابە تۆ بیرو رات لەم کارەدا چۆنە ؟ ئەویش ئیشارەتی کرد بۆ لای گەردنی خـۆی • واتـە ئەگەر بە حوکمی سەعدی کوڕی مەعاذ رازی بین سەرتان ئەبڕن !!

ئەبو لوبابە ئەڵێ وەڵڵاهی هەر لەو شوێنەدا حاڵی بـووم کە ئـەم ئیشارەتی منە خەیانەت بو لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا • وە بە شوێنی ئەوەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە • کە ئایەتەکە هاتە خوارەوە ئەبو لوبابـە رۆیشت بە گوریسێ خۆی بەستەوە بە کۆڵەکەیێ لە کۆڵـەکـەکانـی مزگەوتەوەو سۆیندی خواردو وتی : وەڵڵاهی نان‌و ئاو ناچەژم هەتا خـودا تەوبەم قەبووڵ ئەکا یا ئەمرم ! وە حەوت رۆژ مایەوەو هیچ خواردنی نەخوارد

هەتا بێهۆش کەوت ! جا قەبووڵی تەوبەی نازڵ بوو و موژدەیان بۆ بـرد
کە : خودا تەوبەی قەبووڵ کردی ، ئەمجار سوێندی خوارد ئەم گوریسە
ناکەمەوە لە خۆم هەتا حەزرەت ئەیکاتەوە ، جا حەزرەت ـ د ـ هـات و
گوریسەکەی کردەوە •

جا ئەبو لوبابە وتی : تەواوی تەوبەکەم ئەمەیە کە تەرکی ئەو شوێنە
بکەم کە تووشی ئەم گوناهە بووم تیایاو لەو ماڵو دارایی خۆمەدەستبەردار
بیم • جا حەزرەت ـ د ـ هات فەرمووی : کیفایەت ئەکا سێیەکی ئەو
دارایی خۆتە بکەی بە خێر ، ئەویش کردی •

★ (یا ایُّها الَّذینَ آمَنُوا اِنْ تَتَّقُوا اللهَ یَجْعَلْ لَکُمْ فُرْقاناً
ویُکَفِّرْ عَنْکُمْ سَیِّآتِکُمْ ویَغْفِرْ لَکُمْ واللهُ ذو الْفَضْلِ
العَظیمِ) (٢٩) ★

بزانن ! (تقوی) بە مانا خۆپارازتنە ، وە سێ پلەیە :
یەکەم : پارێزە لە گەورەترین گوناه کە کوفرە ـ پەنا بە خودا ! ـ
دووهەم : پارێزە لە گوناهە گەورەکان غەیری کوفر •
سێهەم : پارێزە لە خۆشەویستی دنیای دوونو تێکەڵبوون بە کاری
ناهەمواری نامووناسب •

جا لەسەر مەعنای یەکەمی تەقوا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە ئەگەر خۆتان
بپارێزن لە کوفر خودا رووناکیەکی وا ئەخاتە دڵتانەوە کە فەرقی حەقو باطڵو
ئیمانو کوفری پێ ئەکەن وە هەمو گوناهەکانی پێش ئیسلامبوونتان
دائەپۆشێو شێوەی عەیبەکەی لائەبا لەسەرتان لە دنیاداو عەفوتان ئەکا
لە قیامەتا ، چونکی خودا خاوەن فەزڵو ئیحسانێکی گەورەیە •

بەڵام بازێ کەس فەرموویانە : ئەم مەعنای یەکەمی تەقوا مـوناسب
نیە لەم شوێنەدا ، چونکی خودا قسە لەگەڵ ئەهلی (بەدر)دا ئەکاو ئەوانیش
لە گەورە موسوڵمانەکان بوون • مەگەر بڵێن تەقوا لە کوفر نیسبەت بەوان

بریتیە لە خۆپارازتن لە (ردە)و وەرگەڕانەوە لە دین ئەمەیش موناسبی حاڵی ئەوان نیە •

وە ئەگەر (تقوی) لەسەر مەعنای دووهەم بێ ئەوە مەعنای ئایەتەکـە وایە : ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ئەگەر ئێوە خـۆتـان بپارێزن لە گوناهە گەورەکان کە یەکێ لەوانە موخالەفەی حەزرەتە ـ د ـ ئەوە لە جەزای ئەوددا خودا نوورێ ئەخاتە دڵتانەوە کە فـەرقی حـــەق‌و بەتاڵی پێ ئەکەن . وە گوناهە بچووکەکاتتان دائەپۆشێ لە دنیادا وە عەفووتان ئەکا لە سزاکەیان لە پاشەڕۆژا وە خودا خاوەن فەضل‌و ئیحسانەو هـەموو شتێکی پێ ئەکرێ •

وە لە سەر مەعنای سێهەم ئەڵێ : ئەی موسوڵمانەکان ئەگەر ئێـــوە خۆتان بپارێزن لە ڕۆچوون لە دنیاداو لە خودا غافڵ نەبن‌و پایەی پاس‌خاترتان بێ ئەوە خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی هەر تاوانێکتان لێ پەیدا بێ لە غەیری حوددودو حوقووقی ئادەمیزاد لە دنیاو قیامەتا دایان‌ئەپۆشێ‌و سەرفی نەزەرتان لێ ئەکات . چونکی خودا میهرەبانی زۆر گەورەی هـــەیە وە ئیحسانی بێ ئەندازەی هەیە وە ئەتوانێ هەموو نەوعە پیرۆزییەك بدا بـــە بەندەی ساغی خۆی •

★ (وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُـــرُونَ وَيَمْكُـــرُ اللهُ وَاللهُ خَيْـــرُ الْمَاكِرِينَ (٣٠) ★

واتە ئەی پێغەمەری خۆشەویست بیری ئەوە بکەرەوە کە کافرەکانی مەکە کەوتنە موئامەرەو فڕو فێڵ لە تۆ لە (دار الندوة)دا بۆ ئەوە کە حـــەپست بکەن‌و بەندت بکەن لە خانوویەکدا هەتا ئەمری یا بتکوژن وە یا لە وڵاتی (مەکە) دەرت‌بکەن بۆ شوێنێکی دوورو بە وردی راوێژیان کرد لەسەر ئەم باسانەو فڕوفێڵیان ئەخستە کارەوە ، وە خودای تەعالایش کە زانایـە بـــە ئەحواڵ‌و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ کارێکی وای کرد کە هەموو فێڵ‌بازەکان

پێیان ناکرێ وە تۆی رزگار کرد ، وە بزانە خودا لە هەموو خاوەن بیرێ وە خاوەن تەگبیرێ بۆ دوژمنان زاناترو تەواناترە •

ئەبو نەعیم و بەیهەقی ریوایەتیان کردوە لە ئیبن و عەباسەوە کە کۆمەڵێ لە قورەیش گردبوونەوە لە (دار الندوة)دا پاش ئەوە لـە جـاری دواییـدا مەدینەییەکان بەیعەتیان کرد بە حەزرەت و بازێکیان وتیان : محەمەد لـە خانویەکدا حەبس بکەین تا ئەمرێ و ، بازێکیان وتیان : لە مەکە دەری کەین، وە ئیبلیس لە شێوەی پیاوێکی (نەجد)یدا هاتە ناویان پێی وتن ئەم تەدبیرانە سوودیان نیە ؛ چونکی ئەگەر حەبسی بکەین جەماعەتی بەنی هاشم و بەنی (مطلب) رەحمیان ئەجۆشێ و دێن رزگاری ئەکەن ، وە ئەگەر دەری بکـەن ئەڕوا لە دەرەوە دەستەو بەستەیێ پەیدا ئەکاو دێنەوە سەرتان ••• کە وابێ بیری روو ناك ئەمەیە لە هەر تاقمێ لە قورەیش جوانێ حازر بێ و هەموو بـە جارێ بیکوژن وە لەو کاتەدا خزمەکانی دەرەقەتی هەموو قورەیش نایەن و هەموو قورەیش ئەتوانن خوێنەکەی بدەن بە خوێنڕەسەکانی و ، هـەموو بە جارێ ئەم بیرەیان پەسەند کرد • جا حەزرەتی جوبرەئیل خەبەری دا بە حەزرەت ئەویش رۆیشت بۆ ماڵی حەزرەتی ئـەبوبەکرو دەرچـوون بـۆ ئەشکەوتی (ثور)و لەوێوە کۆچیان کرد •

★ (واذا تُتْلی عَلَیْهِمْ آیاتُنا قالوا : قَـدْ سَمِعْنا لَوْ نَشاءُ لَقُلْنا مِثْلَ هذا ، اِنْ هذا اِلاَّ اساطِیرُ الاَوَّلِینَ) (٣١) ★

واتە کاتێ کە ئایاتی قـورئانی پیرۆز نازڵ بـو لـە لایـەنی ئێمـەوە ئەخوێنرێنەوە بە سەر کافرەکانا ، ئەو کافرانە ئەڵێن بە راستی ئێمە ئـەو ئایەتانەمان بیست ، وە ئەگەر خواستمان لەسەری بێ ئەتوانین وێنەی ئەوانە بڵێین . وە ئەم ئایەتانە ئەو قسانەن کە پێشینان نووسیویانـەو ئـەم زاتـە بیستوویەتی و ئەویش دێ بە زمانیا •

خاوەنی ئەم وتە (نەضری کوڕی حارث) بو کە زەلامێکی بە عـەنادو دەماخ پۆوچ بو ، قسەکەی هەڵەیە لە چەن رووەوە :

یەکەم : ئەگەر (اسطورە)ی ناو عەرەب بو بۆچی ئەوو وێنەی ئـەو بەر لە حەزرەت وە یا لە زەمانی حەزرەتا نەیان گێرایەوە ؟

دوەم : ئەگەر حەزرەت بڕۆیشتایەتە شوێنێ کە ئەو قسەو باسەی نیدابوایێ بە هەر حال رێگەی گومان بو بەڵام محەمەد نە لە مەکە دەرچـو وە نە لە مەکەدا کەسێ بو کە ئەو قسانە بگێڕێتەوە •

سێهەم : ئەگەر ئەیانتوانی ئەو جۆرە قسانە بکەن بۆچی لە مـاوەی ژیانی حەزرەتا کەسێ نەبوو لەوان وێنەی ئەو ئایەتانە بڵێ‌و لەناو خەڵکـا دەری برێ ؟

★ (وَإِذْ قَالُوا : اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَـذا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَامْطِرْ عَلَيْنا حِجارَةً مِنَ السَّماءِ أَوِ ائْتِنا بِعَذابٍ أَلِيمٍ) (٣٢) ★

واتە : باسی ئەوە بکە کە کافرەکان ئەیانوت : خودایا ئەگەر ئـەم کەلامە محەمەد ئەیخوێنێتەوە راستەو لە لایەنی تۆوە هاتوەتە خوارو ئێمە ئینکاری ئەکەین دەی بەردبارێنە بە سەرمانا لە تۆڵەی ئەو ئینکارەدا یاخود سزایەکی سەختمان بۆ بنیرە •

خاوەنی ئەم قسەیشە هەر نەضری کوڕی حارثە بەڵام بـۆیە نیسبەت دراوە لە کافرەکان چونکی نەضر لە ناو ئەوانا بوەو ئەوانیش بەم واتـەیـە رازی بوون‌و پێیان خۆش بوە •

جا خودا لە جوابی ئەم دۆعادا ئەفەرموێت :

★ (وَما كانَ اللهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ) ★

بە عیلمی خودادا رانەبوردوە کە سزای ئەم قەومە بدا هەتا تۆ وای لە ناویانا •

★ (وَما كانَ اللهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ) (٣٣) ★

وە خودای تەعالا سزایان ناداو سزادەری ئەوان نیە مادام ئەوان لە کاتی هەڵسوڕانیان بە دەوری (کابە)دا داوای لێ‌خۆشبوون لە خـودا بکەن‌و بڵێن (غفرانك اللهـم) وە یا مەبەس لـەو جوملەی (وهـم

یستغفرون) ئەو موسوڵمانە زەعیفانەیە کە لە مەکەدا بوون واتە ئەگەر سزای بنەبڕکەر بێتە سەریان هەموویان ـ چاکو خراپ ـ تیا ئەچن ، وە ئەمە ریك ناکەوێ لەگەڵ بوونی ئەو موسوڵمانانەدا کە وان لە مەکەدا لە پێش زەمانی کۆچکردن بۆ مەدینەی مونەووەرە •

★ (وما لَهُمْ الاَّ يُعَذِّبَهُمْ اللهُ وهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ المَسْجِدِ الحرامِ وما كانُوا اولياءَهُ ؟) ★

جا ئەگەر لە بەر وجوودی تۆو موسوڵمانەکان نەبوایێ لە مەکەدا بۆچی سزای کافرەکانسان نەئەدا ؟ وە چی هەبو بۆ ئەوان ببێ بە هۆی ئەوە کە خودا سزایان نەدا وەاحاڵ ئەوان بێجگە لە فیتنەی کوفرو ئیشراکو نامەردی خۆیان ئەوەندە بەدڕەوشت بوون کە مەنعی تۆو باقی موسوڵمانان ئەکەن لەوە کە لە کەعبەداو لە دەوری کەعبەدا دابنیشنو بە ئازادی تەوافو عیبادەت بکەن وە لە راستیشدا ئەوان خاوەن کاری کەعبە نین •

★ (انْ اولياؤُه الاَّ المُتَّقُونَ) ★

وە خاوەن کاری کەعبە نیە ئیللا ئەو کەسانە کە خاوەن پارێزن لە کوفرو لە تاوانە گەورەکانو لە خووی ناشیرین •

★ (ولكِنَّ اكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ) (٣٤) ★

بەڵام زۆرمەی ئەوانە وان بە دەوری کابەدا ئەوەندە نەزانو بێ شوعوورن نازانن کە خاوەن کاری مەکەو کەعبە ئەبێ ئادەمیزادی موسوڵمانی ئەخلاق باش بن •

★ (وما كانَ صَلوتُهُمْ عِنْدَ البَيْتِ الاَّ مُكاءً وتَصْدِيَةً) ★

وە قەت مەڕوانن بۆ ئەو کافرانەو بۆ هاتوچۆیان بە دەوری کەعبەداو بۆ دۆعاکردنیان لە کاتی طەوافو هەڵسووڕانا بە دەوری کابەدا ؛ چونکی ئەو دۆعایانە هەر بریتیە لە قیژەقیژو قەرەباڵغو چەپڵەلیدانو هۆسەو مەنعکردنی موسوڵمانان لە طاعەتو تەوحیدی خودای عالەمو نوێژو عیبادەتی راستی راساڵ •

★ (فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ) (٣٥) ★

دەی جا پاش کۆچی محەمەد ـ د ـ لە مەکە سزای خودا بچەژن بە هۆی ئەوەوە کە بەختی خۆی کافر بوونو لەسەر ئەو کوفرەیش دەوام ئەکەن •

★ (إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ) ★

بە راستی دەوڵەمەندانی ئەو قەومە کە کافرنو موشریکن ماڵی خۆیان بەخت ئەکەن لە خەرجی جەنگدا بۆ ئەوە کە موسوڵمانان مەنع بکەن لە رەفتارکردن بە دینی خوداو بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام •

★ (فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً) ★

ئەوانە بە راستی ئەو ماڵی خۆیانە صەرف ئەکەن بەڵام ئەو ماڵسەرفکردنە ئەبێ بە حەسرەت لەسەر دڵیان ؛ چونکی ماڵەکەیان رۆیی لە جەنگی بەدرا و سەریشیان نەوت وەکو خودا ئەفەرموێت :

★ (ثُمَّ يُغْلَبُونَ) ★

واتە لە پاش سەرفی داراییو ماڵەکەیشیان ژێر ئەکەون •

★ (وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ) (٣٦) ★

وە خودا بە سزای دنیا دەسبەردار نابێ لێیان ؛ چونکە ئەوانە کە کوفری خودا ئەکەن بەرەوخانووی دۆزەخ گردئەکرێنەوەو رەوانە ئەکرێن •

★ (لِيَمِيزَ اللهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ جَمِيعاً فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ) ★

وە خودای تەعالا بۆ ئەوە کافرەکان حەشر ئەکا بۆ دۆزەخ هەتا کافرەکان کە پیسن لە بیرو باوەڕو رەوشتا جیایان بکاتەوە لە موسوڵمانەکان کە پاکن لەوانا وە پیسەکان بازێکیان بخاتە سەر بازێکیان لە بەر تێزدیحامو دایان ئەنێ لە دۆزەخا •

★ (اولئِكَ هُمُ الخاسِرونَ) (٣٧) ★

ئەمانە هەر ئەوانن زیانكارو مایەپووچ لە پاشەڕۆژا •

موقاتیل فەرموویەتی ئایەتی (ان الذین كفروا ینفقون اموالهم) تا ئاخر نازڵ بوە لە شانی ئەوانەدا کە خواردنیان ئەدا بە سوپا لە رۆژی بەدراو ئەمانە دوازدە کەس بوون ، ئەبو جەهلی کوڕی هیشامو (عتبه)و (شیبه)ی کوڕانی رەبیعەو (نبیه)و (منبه) کوڕانی (حجاج)و (ابو البحتري) کوڕی هیشامو نەضری کوڕی حارثو حەکیمی کوڕی حەزامو (ابی کوڕی خلف)و (زمعەی) کوڕی (اسود)و (حرث)ی کوڕی عامیری کوڕی (نوفل)و عەباسی کوڕی (عبدالمطلب)و هەموو ئەمانە لە قورەیش بوونو هەریەکێ لەمانە رۆژی دە وشتری ئەدا •

★ (قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا : اِنْ يَنْتَهوا يُغْفَرْ لَهُمْ ما قَدْ سَلَفَ واِنْ يَعودوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الاوَّلِينَ) (٣٨) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە کافرن بە دینی ئیسلامو بەو قورئانە کە هاتوەتە خوارەوە بۆ تۆ : ئەگەر لەمەولا دەسبەردار ئەبن لەم عەنادو ئاشووبو فیتنەیەو روو ئەکەن لە ئیسلام ئەوە هەرچی رابوردوە لە کەمو زۆر ئەبەخشرێن لێیو سزاتان لێ هەڵنەگیرێ ، وە ئەگەر ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئاشووبو جەنگکردن ئەوە بزانن یاسای خودا رابوردوە لە پێشیناناو خودا چی کردوە بە کافرە پێشوەکانو چی کرد بە کافرەکان لە بەدرا ئەوەیش لەگەڵ ئێوەدا ئەکا ، واتە ئەتانشکێنێو بێ دەستتان ئەکات • وە ئەم ئایەتە نازڵ بو لە شانی ئەبو سوفیانو وێنەی ئەو لە کافرانی مەکە لە پاش رووداوی بەدر •

★ (وقاتِلُوهُمْ حتّى لا تكونَ فِتْنَةٌ ويكونَ الدِّينُ كُلُّه للهِ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویستو ئەی یارانی فیداکار جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کافرانە کە دەسبەردار نابن لە ئاشووبنانەوە هەتا فیتنەی ئایینو لادان لە تەوحید نەمێنێ لە ولاتاو هەموو کردەوەو رەفتاری ساغ ببێتەوە بۆ خودای تاقو تەنیا •

★ (فإنْ انْتَهَوْا فانَّ الله بِما يَعْمَلونَ بَصيرٌ) (٣٩) ★

جا ئەگەر دەستبەردار بوون لە ئاشووب ئەوجارە بزانن کە خودا بینایەو خەبەرداره لەوەی ئەیکەن •

★ (وانْ تَوَلَّوْا فاعْلَموا أنَّ الله مَوْليكُمْ نِعْمَ المَوْلى ونِعْمَ النَّصيرُ) (٤٠) ★

وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە ئامۆژگاریو دەوامیان کرد لەسەر فیتنەجۆیی جا بزانن کە خودا ناصرو یارمەتیدەرتانەو بە راستی خودا چاك یارمەتیدەرێکەو چاك هێزدەرێکە بە دۆستانی خۆی •

★ (واعْلَموا انَّما غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأنَّ للهِ خُمُسَهُ وللرَّسولِ ولِذِي القُرْبى واليَتامى والمَساكينِ وابْنِ السَّبيلِ إنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللهِ وما انْزَلْنا على عَبْدِنا يَوْمَ الفُرْقانِ يَوْمَ التَقى الجَمْعانِ واللهُ على كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ) (٤١) ★

بزانن ئەی موسوڵمانان ئەوەی کە وەریبگرن بە جەنگ لە کافرەکان چ کەم چ زۆر ئەوە پێویستە پێنجیەکی بەش بکەنەوە بەم یاسا کە دێت : بەشی یەکەمی بۆ خوداو پێغەمەر ، بەشی دوەم بۆ ئەوانە کە خزمایەتییان هەیە لەگەڵ پێغەمەری خودادا بەو پێیە کە خۆی فەرموویەتی ، واتە لە نەتەوەی هاشمو نەتەوەی (مطلب) کە دوو کوڕی (عبدالمناف)ن ، بەشی سێهەم بۆ منداڵانی بێ باوك ، وە بەشی چوارەم بۆ فەقیرو دیسکین . بەشی پێنجەم بۆ ئەو موسافیرانە کە ماڵیان پێ نەماوە •

ئەمە بەشکردنی ماڵی غەنیمەتە بە کورتی • وە لە درێژەکەیا گەلێ جیاوازی بیرو را هەیە کە لە شوێنی خۆیا باس کراوە •

بە گوێرەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی – خ – بەم جۆرەیە : بەر لە هەموو شتێ ئەو بەرگو پۆشاکە کە بە کافرانەوە بوە جیا ئەکرێتەوە بۆ ئەو کەسە کوشتویەتی • مادام دیار بێ کێیە ، ئەمجار مەسرەفی پاسی ئەو ماڵەو باقی نەفەقاتی لێ دەرئەکرێ بۆ خاوەنەکەی ، جا هەرچی مایەوە ئەکرێ بە پێنج بەشی رێکەوە ، چوار بەشی ئەدرێ بە شەڕکەرەکان وەکو یەك ؛ بۆ سوار سێ بەش دائەنرێو بۆ پیادە بەشێ •

وە بەشی پێنجەمی ئەکرێ بە پێنج بەشەوە بەشی یەکەم کە بۆ خوداو پێغەمەری خودایە دائەنرێ بۆ مەسلەحەتی موسوڵمانانو ئەدرێ بەوانە کە لە رێگەی خودادا لە سنووری وڵاتی ئیسلاما ئەمێننەوە بۆ جیهادو چاودێری وڵاتو پارازتنی لە کافران ، وە بۆ ئەهلی عیلم ئەوانە کە مەشغوولی فێربوونی ئەحکامی دینن لە هەموو نەوعە عیلمێو ئەدرێ بە ئیمامانی نوێژو بانگدەران هەرچەند دەوڵەمەند بن ، وە هەر کەسێ سوودێکی گشتی دینی هەیە ، وە بۆ قازیو موفتیو ئەوانە تەئلیف ئەکەن بۆ پارازتنی دین ؛ وە ئەوانە کە ناتوانن کەسبو کار بکەن • وە ئەندازەی بەشی ئەمانە حەواڵەی بیری سەرۆکی موسوڵمانانە کە بە (خەلیفە) ناو ئەبرێ ؛ وە ئەم بەشە ئەوەبو کە ئەدرا بە حەزرەت – د – لە حەیاتی خۆیا وە مەصرەفی لێ ئەکرد بۆ خۆیو بۆ عائیلەییو لە ئاخری عومریدا بەشی ساڵێکی لێ هەڵئەگرتو باقیەکەی بۆ مەسلەحەتی موسوڵمانان سەرف ئەکرد •

بەشی دووهەم لەم پێنج بەشە ئەدرێ بە نەتەوەی هاشم کە باپیرەی دووهەمی حەزرەت بودو نەتەوەی (مطلب) – بۆ نێرینە دوو بەشو مێینە بەشێ ؛ وەکو میرات – کە برای باوکو دایکی هاشم بوە ، وە ئیعتیبار بە نەسەبی ئەمانەیە لە لایەنی باوکەوە ئیتر نادرێ بە نەتەوەی (عبد الشمس)

هەرچەند. ئەویش برای باوکو دایکی (هاشم)و (مطلب) بوە ؛ وە بە نەتەوەی (نەوفل) کە برای باوکی ئەوان بوە لەسەر بڕیاری حەزرەت ـ د ـ ؛ چونکی وەختی خۆی یارمەتی حەزرەتیان نەداوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی دیندا •
وە لە بەنسی ئەم نەتەوانەدا فەرقی فەقیرو دەوڵەمەند نیە ؛ بەڵام لـــە لای بازێ تر لە ئیمامەکان بە مەرجی فەقیری ئەیاندرێتێو بە دەوڵەمەند نادرێ •

بەشی سێهەم : بۆ هەتیوانی موسوڵمانان بە مەرجی ئەوە فەقیر بن •

بەشی چوارەم : بۆ فەقیرو هەژاری موسوڵمان •

بەشی پێنجەم : بۆ ئـەو سەفەرییانەی کە دەستیان لە دارایی خۆیان بڕاوە •

بێدار بن ! مەبەس لە مەساکین لە تەفسیی غەنیمەدا مەعنـــای عامە بۆ فەقیرو میسکین لە زەکاتاو هەردو لایان بە یەکێ ئەژمێررێن •

وە ئەم تەفسیە بڕیارمان داوە ڕەفتاری پێبکەن ؛ وە بە ڕاســـتی بزانن ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خوداو بە وەی کە ناردمانە خوارەوە بـــۆ سەر عەبدی خۆمان محەمەد ـ د ـ لە ڕۆژی جیاکردنەوەی حەق لە بەتاڵو موسوڵمان لە کافر . واتە لە ڕۆژی (بەدر)ا بۆ تەئییدی دینی ئیسلام لـــە ئایاتو لە فریشتەی خۆمو لە یارمەتی لەو ڕۆژەدا کە هـــەردو کۆمـــەڵ گەیشتن بە یەك کۆمەڵی ژمارە کەمی مەنصوورو کۆمەڵی ژمارە زۆری لە خودا دوور • بە ڕاستی خودا بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایەو ئـــەوەی بیەوێ ئەیکات •

زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە (بەدر)ا . وە بـازێ فەرموویانە : بەشکردنی غەنائیمو دیاریکردنی خومس (پێنجیەك) هەمووی لە غەزای (بنی قینقاع) دا لە پاش ڕووداوی (بەدر) بە مانگێكو سێ ڕۆژ لە نیوەی مانگی شەوالدا لە سەر سەری بیست مانگ لە هیجرەت هاتـــە خوارەوە •

★ (اِذْ اَنْتُم بِالعُدْوَةِ الدُّنْيا وهُمْ بِالعُدْوَةِ القُصْوى والرَّكْبُ اَسْفَلَ مِنْكُمْ) ★

ئەو رۆژی فەرقی حەقو بەتاڵە ئەو رۆژە بو کە ئێوە لەو قەراخـــە شیوەدا کە نزیکە لە مەدینەی مونەوەرەوەو کافرەکان لە قەراخە شیوی دوور لە مەدینەوە بوونو کاروانەکەی لە خوار ئێوەوە بوون بە مەسافەی سێ میل ، واتە چوارکیلۆ مەترو نیو •

★ (ولَوْ تواعَدْتُمْ لاخْتَلَفْتُمْ فِي المِيعَادِ ولكِنْ لِيقْضِيَ اللهُ اَمْراً كانَ مَفْعولاً) ★

واتە زۆر لە وەختو وادەی موناسبدا هاتن کەمو زیـــادی تێـــدا نەبو ؛ وە ئەگەر لەسەر وادەو پەیمان بهاتنایێ بە عادەت وەهاتان بۆ رێ نەدەکەوت ، بەڵام خودا رێکی خست بۆ ئەوە کارەساتێکی وا بەجێبێنێ کە بەجێ هات لە ناو ئێوەدا ، یاخود بڕیاردراوە لە عیلمی خودادا •

★ (لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ ويَحْيى مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ) ★

هەتا بکوژرێ ئەوەی کوژرا لە کافرەکان لـەگـەڵ تێگەیشـتنی حوجـەتو دەلیـل لەسـەر حەقانیـەتی دینی ئیسـلامو بـەتاڵی کوفـر ، وە بژیێ ئەوەی ژیا لەگەڵ ئەو حوجەتا واتە کە ئەو کۆمەڵـە گـەورە خاوەن چەکو ئامادەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەمە بێ چەکەو بێ مادە هاتن بەیەکاو لە کاتێکی کەمدا ئەو ژمارە کەمە سواری سەرشانی ئەو سـوپا گەورە بوونو لێیان دانو سەریان بڕینو دلیان لێ گرتن •• دەرکەوت بۆ هەمو ژیرێ لە کافرو موسوڵمان کە دینی ئیسلام حەقەو خودا یارمەتـی دان ئەنا بە عادەت مەحاڵ بوو ئەو رووداوە وەها بێتە جێو ئەو کافرانـە وەهایان بەسەرا بێ •

★ (وإنَّ اللهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ) (٤٢) ★

وە بە راستی خودای تەعالا گوێی لە واتەو پاڕانەوەی موسوڵمانەکانەوەو زانایە بە ئەحواڵیانو پیرۆزی دینەکەیان ؛ وەکو گوێی وا لە پاڕانـەوەی کافرەکان کاتێ کە لە مەکەدا بە دەوری کەعبەدا ئەسووڕانـــەوەو داوای یارمەتییان ئەکرد ؛ وە زانایە بە نیەتی دڵیان لەسەر کوفرو ئیشراك •

بزانن ! (عُدوە) بە ضەمەو فەتحەی ئەووەڵ بە مانا قەراخی شیوە ؛ وە کەسێ ڕوا تەماشای شەڕگاکەی (بەدر) بکا ئەزانێ کە موسوڵمانەکان لە قەراخی ئەمبەری شیوەکەوە بوون کەوا لە لای مەدینەوەو کافرەکان لە قەراخی ئەوبەرەوە بوون کە دوورە لە مەدینەوە وە جەنگەکە لە شێوەکەدا کرا ، (عدوە) بە زمانی کوردی (دانە)و بەرزی یا (ملە) •

★ (اِذْ یُرِیکَهُمُ اللهُ فِي مَنَامِكَ قَلِیلاً وَلَوْ اَرَیکَهُمْ کَثِیراً لَفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الاَمْرِ وَلَکِنَّ اللهَ سَلَّمَ اِنَّهُ عَلِیمٌ بِذَاتِ الصُّدورِ) (٤٣) ★

واتە باسی ئەوە بکە کە خودا کافرەکانی لە خەودا بە کەم نیشـــانی تۆ ئەداو تۆ باسی ئەو خەوەت کرد بۆ ئەصحابەکانت بۆ ئەوە کە دڵیـــان ئەستوور بێ لەسەر جەنگکردن لەگەڵیانا وە ئەگەر بـە زۆر نیشانی بدانایێ تۆ ئەوەت ئەگێڕایەوە بۆ یارانو ئەوان ئەترســـانو شکســـت ئەبوونو لە دەستکردن بە جەنگدا ناکۆکی ئەکەوتە ناوتانـەوە ، بـــەڵام خودا لەو ئاشووبە پارازتنی لەو کاتـە ناسکەدا • بـە راستی خودا زانایە بەوەی وا لە دڵی ئادەمیزاداو هەموو شتێ لەو روونە •

★ (وَاِذْ یُرِیکُمُوهُمْ ـ اِذِ الْتَقَیْتُمْ ـ فِي اَعْیُنِکُمْ قَلِیلاً وَیُقَلِّلُکُمْ فِي اَعْیُنِهِمْ لِیَقْضِيَ اللهُ اَمْراً کَانَ مَفْعُولاً وَاِلَی اللهِ تُرْجَعُ الاُمُورُ) (٤٤) ★

واتە : وەکو چۆن خودای تەعالا لە خەودا کافرەکانی بە کەم پیشانی تۆ دا هەتا موسوڵمانەکان دڵ ئەستوور بین •• باسی ئەوەیش بکەن کـە خودای تەعالا لە عالەمی خەبەرداریشداو لە کاتی بەرانبەریو دەســـتەو

یەخەدا خودای تەعالا کافرەکان ئەخاتە پێش چاوی ئێوە بە کەم بۆ ئەوە کە دڵتان نەترسێو راوەستن بۆ جەنگ ، وە ئێوەیش لە بەر چاوی ئەوان بە کەم نیشان ئەدا هەتا هێرش بێنن بۆ سەرتانو بێنە بەردەستان بۆ ئەوە دەست بکەن بە کوشتنیانو نەتوانن رابکەنو هەڵبێن ، وە ئەوەی خودا بڕیاری داوە بێتە جێ • وە بزانن هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو کارێو هەموو فەرمانێو ئەو ئەزانێ چی ئەکاو چلۆن دۆستەکانی زاڵ ئەکاو دوژمنەکانی بەر بای فەوتان ئەدا •

★ (یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا اِذا لَقِیتُمْ فِئَةً فاثْبُتُوا واذْکُرُوا اللهَ کَثِیراً لَعَلَّکُمْ تُفْلِحُونَ) (٤٥) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ! کاتێ گەیشتن بە کۆمەڵی کافران بۆ جەنگکردن باش بە مەردانەو هێز دامەزرێنو خۆتان رابگرن بە جۆرێ کە ترس بخەنە دڵی دوژمنەکانەوەو دڵو دەستیان شل بێ ، ئەمە بۆ لایەنی مادیتان • وە زۆر زیکری خودا بکەن بە زمانو (الله اکبر) بکەنو بە دڵ بیر بکەنەوە لەوەدا کە ئێوە بۆ بەرزکردنەوەی کەلیمەی (لا اله الا الله) جەنگ ئەکەنو ئەگەر زاڵ بین بەسەریانا بەختیارنو ئەگەر شەهید بکرێن لە بەهەشتا پایەدارنو ئەمەیش بۆ مەعنەویاتتان ، جا وەها رەفتار بکەن بەڵکو رزگار بین •

★ (واَطِیعُوا اللهَ ورَسولَهُ ولا تَنازَعُوا فَتَفْشَلُوا وتَذْهَبَ رِیحُکُمْ) ★

وە ئیطاعەی خوداو پێغەمەری خودا بکەن بۆ ئەوە کە یارمەتی خوداتان لەگەڵدا بێ ، وە لە ناو خۆیشتانا مەچن بەگژ یەکا بۆ ئەوە پووچو سووك بینو هێزتان بڕواو ترستان لە دڵی دوژمنانا نەمێنێ •

★ (واصْبِرُوا اِنَّ اللهَ مَعَ الصَّابِرِینَ) (٤٦) ★

وە ئەگەر ئازارتان تووش بو بە کوشتن یا بریندار بوون یا ماڵ رۆیشتن یا ماندوو بوون خۆتان رابگرن لەبەر رەزای خودا ، بە راستی

خودا بە هەموو بارێ کەرەمکاری ئەکا لەگەڵ خۆگرانا ٠

★ (ولا تكونوا كالذين خرجوا من ديارهم بطراً ورئاء الناس ويصدون عن سبيل الله والله بما يعملون محيط) (٤٧) ★

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە وەکو ئەو کافرانی ئەهلی مەکە مەبن ئەوانەی کاتێ لە ماڵی خۆیان دەرچوون بۆ دیفاع لە کاروانەکەیان دەرچوون بە کەشخەو دەمارو خۆنیشاندان بە خەڵك . وەلحاڵ کە بۆ ئەوەیش دەرئەچوون کە لە واقیعا مەنعی موسوڵمانان بکەن لە رۆیشتن بەو رێگادا خودا پێی خوشە ، بەڵکو ئێوە بە نیازی رەزامەندی خوداو بە پارێزگاریو پارانەوە لە خوداو بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لە ماڵی خۆتان دەربچن هەتا خودا بە میهرەبانی خۆی بتانگەیەنێ بە یەکێ لەو دو پایە بە مایە کە بەختیاری دنیا یا رزگاری قیامەتە ، وە خودای تەعالا بە کردەوەی ئەوانە هەموو ئاگادارەو کردەوەکانیان وا لە دەستی زانیاری خودادا ٠

★ (واذ زين لهم الشيطان اعمالهم وقال : لا غالب لكم اليوم من الناس واني جار لكم) ★

وە باسی ئەوە بکە کاتێ کافرەکان لە مەکە دەرچوون شەیتان لە شێوەی (سراقه)ی کوڕی مالیکی کەنانەییدا دەرکەوت بۆیان ، وە دەستی کرد بە قسەی خۆشکردن لەگەڵیانا وە ئەو کردەوە ناپەسەندانەی ئەوانەی جوان کرد لە بەرچاویانا کە پێویستە برۆن بۆ پارازتنی داراییەکانتان کە ئەبێ بە هۆی پارێزی شەرەفتان ، جەنگ بکەن لەگەڵ محەمەدو یارانیا بەربادیان بکەن ، ئێوە سوپایەکی گەورەن لەم رۆژەدا کەس زاڵ نابێ بەسەر ئێوەدا وە منیش وام لەگەڵتاناو پەناو پشتم بۆتان ٠

★ (فَلَمَّا تَراءَتِ الفِئَتانِ نَكَصَ على عَقِبَيْهِ وقالَ : اِنّي بَرِيءٌ مِنْكُمْ ، اِنّي اَرى ما لا تَرَوْنَ ، انّي اخافُ اللهَ ، واللهُ شَدِيدُ العِقَابِ) (٤٨) ★

جا کاتێ کە هەردو سوپاکە یەکتریان چاوپێکەوت و سوراقە تەماشای وەزعی ئەو موسوڵمانانەی کردو ئاگادار بو بە هۆی نیشانەی نەصرەتەوە کە خودا نەصرەتیان ئەدا گەڕایەوە لەسەر هەردوو پاژنەی خۆی وە وتی بە کافرەکان : بە راستی من دوورم لە ئێوەو خۆم تێکەڵتان ناکەم ، وە بە راستی من شتێ وەها ئەبینم کە ئێوە نای‌بینن ، وە من لە خودا ئەترسم ، وە خودا سزای بۆ تاوانباران سەختە . ئەم تەفسیرە لەسەر زاهیری ئایەتەکە . وە بەیضاوی ئەڵێت : ئەو شەیتانە نیسبەت بە هەرکام لە کافرەکان لە خەیاڵی خۆیاندا بو ، واتە هەرکەسێ لە کافرەکان شەیتانەکەی خۆی ئەو بایی‌کردنەی ئەخستە دڵیەوە هەتا کاتی واقیعە ئەو شەیتانە لەو ئیلقائاتە کەوت و خەیاڵی پەشیمانی بە کافرەکان نیشان ئەدا .

وە لەسەر تەفسیری یەکەم لە بەیضاویدا ئەڵێ : شەیتان لە شێوەی سوراقەدا دەستی لە دەستی حەرثی کوڕی هیشامدا بو کاتێ چاویان کەوت بە سوپای موسوڵمانەکان دەستی لە دەستی حەرث بەرداو دای بە سنگی حەرثاو رۆیشت و گەلێ لە گەڵیانا بوون رۆیشتن ، کاتێ کافرەکان گەڕانەوە بۆ مەکە وتیان : ئەو سوپای ئێمە سوراقە بوو بە هۆی شکاندنی و سوراقە سوێندی خوارد وتی : من ئاگام نەبوە لێتان هەتا باسی شکان و گەڕانەوەتانم بیستوە ، یانی وا دەرکەوت (یارۆ) شەیتان بوەو چوەتە شێوەی سوراقەوە .

★ (اِذْ يَقولُ المُنافِقونَ والَّذينَ في قُلوبِهِمْ مَرَضٌ : غَرَّ هؤلاءِ دِينُهُمْ) ★

باسی ئەوە بکە کە منافقەکانی مەدینە وە ئەوانە کە لە دڵیانا نەخۆشی کوفر هەیە بە شێوەی گاڵتەپێکردن ئەڵێن : ئەم موسوڵمانانە پیاوی

مەیدانداری نین بەس ئەو هەوا چوەتە مێشکیانەوە بە ناوی دین ئەوانی مەغروورو بایی کردوە ؛ بەلام ئێوە نابێ بەو تانەو تەوەرە دلتان تێک بچێو هەر پشت ببەستن بە خودای خۆتان •

★ (وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَإِنَّ اللهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٤٩) ★

وە هەرکەس پاڵ بداتەوە لە سەر میهرەبانی خودای خۆی ئەوە بەسیەتی ، چونکی بە راستی خودا خۆی خاوەن عیزەتەو خواستی لەسەر هەرکەسێو هەر کۆمەڵێ بدا عیزەتی پێئەداو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا •

★ (وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) (٥٠) ★

ئەی خۆشەویست ئەگەر چاوت لێبێ لەو کاتەدا کە فریشتەی گیانکێشان گیانی ئەو کەسانە ئەکێشێ کە کوفریان کردوە بە ئایینی ئیسلامو حالی ئەو فریشتانە وایە ئەدەن لە دەمو چاوو پشتیانو پێیان ئەلێن : سزای سووتان بچەژن •• ئەگەر ئەمەت چاو پێبکەوتایە شتێکی بە سامت ئەبینی •

★ (ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ) (٥١) ★

وە فریشتەکان ئەلێن بەو کافرانە : ئەو سزای کە دێ بە سەرتانا بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوەیە کە خۆتان بە جێتان هێنا ، وە بە قەطعی خودای تەعالا خاوەن ستەم نیە لەسەر بەندەکانیو نیسبەتی ستەمی لێ نادرێ •

★ (كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللهِ فَأَخَذَهُمُ اللهُ بِذُنُوبِهِمْ إِنَّ اللهَ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ) (٥٢) ★

ئەم سزای کافرانە لە جیهەتی فریشتەکانەوە لەسەر بازە خووڕەوشتێکی ناپەسەندەوە بو لە کوفرو کردەوەی ناباز ، وەکو داب‌و خووڕەوشتی دەستەو بەستەی فیرعەونی موساو ، دەستەو بەستەی پاشا ناهەموارەکانی پێش فیرعەون کە کوفریان کردو ئینکاری زاتی خوداو دەستووری پێغەمەرانیان‌و ئایاتی هاتوەخوارەوەو موعجیزاتی نیشاندراوی ئەوانین ئینکار کرد ؛ جا خودایش ئەوانی بە هۆی ئەو تاوانانەوە گرت حەقی بەرو دوای لێ سەندن ؛ وە بە راستی خودای تەعالا (جبار) و (قهار)ە ، تۆڵەو سزای سەختە ، وەکو ئەڵێن : «خودا درەنگ گیرو سەخت گیرە » پەنا بە خودا !

★ (ذٰلِكَ بِأَنَّ اللهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّراً نِعْمَةً أَنْعَمَهَا على قَوْمٍ حتَّى يُغَيِّرُوا ما بِأَنْفُسِهِمْ وانَّ اللهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (٥٣) ★

وە ئەو تۆڵەی ناهەموارە کە گەیشت بەو کۆمەڵە لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خودای تەعالا هەر نان‌و نیعمەتێ‌و هەر نازو رەحمەتێ دابێتی بە هەر قەومێ یاسای وا نەبوە تێکی بداو لێیان بسێنێتەوەو بیگۆڕێ بە مەینەت‌و نەگبەت هەتا ئەو قەومە ئەو حاڵە پێشوە کە بوویانە لە سوپاسی خوداو خزمەتکردنی گشتی‌و قەناعەتی نەفسی گۆڕیویانە بە ناسوپاسی‌و پشت هەڵکردن لە خەڵك‌و خەڵك توورە کردن‌و عالەم تۆراندن‌و بێ ئیطاعەیی خوداو لەسەر ئەم ئەساسەیە کە خودا شنەواو زانایە بە هەموو سیفەتێ‌و بە هەموو حاڵێ .

★ (كَدَأْبِ آلِ فِرْعَونَ والَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا بِآياتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ وأَغْرَقْنا آلَ فِرْعَونَ وكُلٌّ كانُوا ظالِمِينَ) (٥٤) ★

وەکو سیرەت‌و ڕەوشت‌و کردەوەی ئالی فیرعەون‌و ئەوانەی رابوردن لە پێش ئەوانا کە لەگەڵ ئەوەدا خودای تەعالا سوپاسی دەستەڵاتی پێدابوون سوپاسی خودایان نەکردو ئەو نیعمەتەیان لە خۆیان دوور

کردەوە بە هۆی ئەوەوە کە تەکذیبی ئایاتی خودای خۆیانیان کردو ستەمیان کرد لە بەنی ئیسرائیلو غەیری بەنی ئیسرائیلیش جا هەموومـان فەوتاندن بە هۆی تاوانەکانیانەوەو . دەستەی فیرعەونیان خنکاند لە دەریای نیلداو لە واقیعا هەموویان بەرو دوا ستەمگار بوون •

★ (اِنَّ شَرَّ الدَّوابِّ عِنْدَ اللهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لا يُؤمِنُونَ) (٥٥) ★

خراپترینو نابارترینی گیانلەبەرانێ بەسەر زەویدا بگەڕێن ئەو کەسانەن کە کافرنو ئینکاری تەنیایی خودا ئەکەنو ئەمانە ئیمان ناهێنن •

★ (الَّذِينَ عاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنْقُضُونَ عَهْدَهُمْ في كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لا يَتَّقُونَ) (٥٦) ★

ئەو کەسانە کە موعاهەدەت لەگەڵدا کردنو پەیمانت لێ وەرگرتن کە زیانکاری نەکەن بەرانبەر بە موسوڵمانان کەچی لە پاشانا ئەو پەیمانەیان تێك ئەدەن لە هەموو جارێکدا جار لە دوای جارو هەرگیز پارێز ناکەنو ناترسن لە ناپەیمانیو بێ وەفایی •

★ (فَاِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ في الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِمْ مَنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ) (٥٧) ★

لە شەرێکدا گەیشتی بەو کافرە پەیمانشکێنانە لە جەنگداو زوو بە هۆی زاڵبوون بەسەر ئەواناو زیانپێگەیاندنیان ئەوانەیش وان لە پشتیانەوە لە کافرەکانی مەکە هەموویان بڵاو بکەرەوە بەڵکو بیر بکەنەوە بزانن وەکو دامان لەو پەیمان شکێنانە ئەدەین لەوانیش •

ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی جوولەکەی (بنی قریظە)دا ئەمانە پەیمانیان بەست لەگەڵ حەزرەتا ـ د ـ و ئەو پەیمانەیان هەڵوەشاندەوە بە ناردنی چەك بۆ کافرەکانی مەکە ، وە کاتێ کە حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : بۆچی واتان کردوە ؟ عوزریان هێنایەوە بەوە کە لە بیریان چوە ، ئەمجارەیش کەعبی کوڕی ئەشرەف ڕۆیشت بۆ مەکەو پەیمانی بەست

لەگەڵ ئەهلی (مەکە)داو بوون بە پشتی مەکەیی لە شەڕی (خەندەق)دا ، جا ئەمە بەیانی حوکمی خودا بو نیسبەت بەو کافرانە کە بە ئاشکرا پەیمان ئەشکێنن ، وە لەم ئایەتی دواییەیشدا بەیانی حوکمی ئەو کافرە پەیمانبەستوانە ئەکا کە نیشانەی پەیمانشکاندنیان دەرئەکەوێ و بە تەواوی دەرنەکەوتوەو خودا ئەفەرموێت :

★ (وَاِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ اِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاءٍ) ★

وە ئەگەر ترسای کە خیانەت لە قەومێکی هاوپەیمانەوە پەیدا ببێ بە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی ئەو شکاندنی پەیمانەوە تۆ بێ لە پێش ئەوەدا جەنگیان لەگەڵدا بکەی عەهدو پەیمانەکەیان بۆ فڕە بدەرەوە با ئەوانیش وەکو ئێوە موساویو هاو پایە بن لە ئاگاداری لەسەر نەمانی پەیمان لە ناوتانا ئێنر بە بێ عیلمو خەبەر مەچن بەگژیانا با نەبێ بە خەیانەت بۆتان •

☆ (اِنَّ اللّٰهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ) (٥٨) ★

چونکە بە راستی خودا خائینانی خۆش ناوێ ؛ چۆنکی خیانەت کردن دەرگای بێ باوەڕی ئەکاتەوەو رەوا نیە ئادەمیزاد خۆی سووکو خیانەتبار بکا لە بەرچاوی کەسا نە دوژمن نە دۆست •

★ (وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَبَقُوا ، اِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ) (٥٩) ★

با گومان نەبەن ئەوانە کە کافرنو رزگار بوون لە کوشتنو لە ئەسارەت لە رۆژی بەدرا با گومان نەبەن کە رزگار بوونو پێشکەوتوون لە کاروباری جەنگا ، بە راستی ئەوانە خوداو پێغەمەری خودا ماندوو ناکەنو عاجزیان ناکەن لەوە کە بیانگرن ، بۆ کوێ دەرئەچن ؟ جا ئەم ئایەتە یا عامە بۆ هەموو کافرێ وە یا خود نازڵ بوە لە شانی ئەوانەدا کە لە بەدرا دەرچوون •

جا خودای تەعالا موسوڵمانان ئاگادار ئەکا لە وەزعی دنیاو لە مەلاسی دوژمن بڕیندو بۆ ئەوە پێویستە بزانن دوژمنتان زۆرەو نابێ بێ دەستەو بەستە داکەونو ئەمر ئەدا ئەفەرموێت :

★ (وأعِدُّوا لَهُمْ ما اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ ومِنْ رِباطِ الْخَيْلِ) ★

ئەی موسوڵمانەکان حازرو ئامادە بن بۆ چاری دوژمنەکان ئەوەی کە ئەتوانن لە هێزی جەنگ لە چەك لە رزقو رۆزیو ، لە فێربوونـــی فونوونی جەنگ ، لە ئاگاداری لەسەر هێزی دوژمنو لە چاری جاسووسو خۆگرتن لە دەرنەبڕینی ئەسراری جەنگو لە ئەسپو هێستری دابەستەی چوارنان ؛ وە لە سەیارەو تەیارەو غەواصەو کەشتی سەر دەریاو جیهازی موخابەرەو باقی پێویستیەکان لە چەرخا .

★ (تُرْهِبونَ بِهِ عَدُوَّ اللهِ وعَدُوَّكُمْ) ★

بۆ ئەوە کە بەم کەرەسەو پێویستانە کە ئامادەتان کردوە بۆ جەنگ دوژمنی خوداو دوژمنی خۆتان بترسێنن ئەوانەیان وان لە پەیمانا نەوێرن پەیمانەکە بشکێننو ئەوانە کە لە پەیمانا نین بێن پەیمان ببەستنو جەنگ نەکەن لەگەڵ موسوڵمانانا . وە ئەوانە کە ئامادەن بێ جەنگ بێ ورە ببن . وە ئەم دوژمنانە کە ئیستە هەن ئێوە ئەیان ناسن بریتین لە جوولەکەکانی دەوری مەدینەو لە کافرەکانی مەکە .

★ (وآخَرِينَ مِنْ دونِهِمْ لا تَعْلَمونَهُمْ اللهُ يَعْلَمُهُمْ) ★ :

وە هەتا بترسێنن کۆمەڵێکی تر غەیری ئەمانە کە ئێوە نـایـانناسنو پێیان نازانن خودا پێیان ئەزانێو ئەیانناسێ ؛ وەکو : عەرەبی هەوازینو ، نەجدو . عەرەبی نزیکی غەسانیەکانو ، باقی عەرەبی (جزیرة العرب) وە یـا ئەو دوژمنانە کە لەمەولا پەیدا ئەبن بۆ عالەمی ئیسلامی لە ئەورووپاو باقـی ئەترافی قارەکانەوە ... وە ئەگەر موسوڵمانەکان لە هەموو چەرخێکدا بە راستی ئەم ئەمرەیان بەجێ بهێنایە بە زانیاری وکرێداریو پیشەو سنعەتو

دارایی پێکەوەنان حاڵیان بەم حاڵە نەدەگەیشت کە پێی گەیشتوە • هیوامان وایە کە موسوڵمانان بێدار بینەوە بۆ باوەشکردن بە فەرمانی خوداداو بۆ ئامادەکردنی ئەسبابی بەرزەوەبوونی ئومەتی ئیسلام لە جیهانا •

★ (وما تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وأَنْتُمْ لا تُظْلَمُونَ) (٦٠) ★

وە هەر شتێ سەرف بکەن لە کەم و زۆر لە رێگەی بەرزەوەکردنی دینی خودادا هەمووتان پێ ئەدرێتەوەو بە راستی ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ و حەقتان زافەوتێ نە لە دنیاو نە لە قیامەتا مادام لەسەر یاسای فەرمانی خودا برۆن بە رێدا •

★ (وإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وتَوَكَّلْ عَلى اللهِ إِنَّهُ هو السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٦١) ★

وە ئەگەر کافرەکان لە موشریك و لە یەهوودو لە غەیری ئەوان مەیلیان کرد بۆ ئارامی و بۆ جەنگنەکردن بە بەستنی عەهدو پەیمان یا بۆ قەبوولکردنی شوورووطی ئیسلام و دەوامیان نە جێگەی خۆیانا تۆیش مەیل بکە بۆ ئەو سیلم و ئارامییە . لەوە مەترسە کە بە فێڵ وەها بکەن و ئیعتیماد بدەرە سەر خودا . وە ئەو دەستووری خۆئامادەکردنە کە خودا فەرموویەتی چاودێری بکە ؛ چونکی مەعنای (توکل) بە راستی ئەوەیە ئەسباب ئامادە بکەی بەلام پاڵ بە عینایەت و تەوفیقی خوداوە بدەی ، مانای (توکل) تەمەڵی و غەفڵەت نیە ، بە راستی خودای تەعالا قسەی ئەو کافرانە ئەبیسێ و زانایە بە حاڵیان و ئەگەر بیریان خراپ بێ تۆ ئاگادار ئەکا •

★ (وإِنْ يُرِيدوا أَنْ يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللهُ ، هُوَ الَّذي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وبِالمُؤْمِنِينَ) (٦٢) ★

وە ئەگەر ئەمانە کە مەیلی ئارامی ئەکەن یا غەیری ئەمانە مەیلیان لەسەر ئەوە بێ کە فێلت لێ بکەن مەترسە بە راستی خودا بەسە بۆ یارمەتی تۆ .هەر ئەو بوو یارمەتی دا بە یارمەتی پەنامەکی خۆی‌و بە یارمەتی ئاشکرا بە هۆی دەست‌و بازووی موسوڵمانەکانەوە •

★ (وَاَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ اَنْفَقْتَ مَا فِي الاَرْضِ جَمِيعاً مَا اَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَكِنَّ اللهَ اَلَّفَ بَيْنَهُمْ اِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٦٣) ★

وە خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی ئولفەتی دانا لە ناو دڵی ئەو موسوڵمانەدا کە وان لەگەڵ تۆدا لە موهاجیرین‌و ئەنصار لە ئەوس‌و خەزرەج لە ئەنصارەکان لەگەڵ ئەوەدا کە چەن کینەو رقەبەری کۆن لە ناویانا هەبو ئەمانە بە جارێ وەکو برای باوك‌و دایکی‌و خوشکی باوك‌و دایکییان پێ‌هات لە کاتـــی منداڵیدا لە پێش ئەوەدا کە ئارەزووی دنیا بکەوێتە بەینیانـەوە ؛ وە بـــە جازیبەی مەعنەوی ئەمانەی بەست بە یەکەوە لە حاڵێکدا ئەگەر هـەرچی وا لە عەرزا نە عەین‌و لە نەخت لە ماڵ‌و دارایی خەرجت بکردایە لە رێگـەی یەکیەتی ئەو ئەواندا نەت‌ئـەتوانی ئولفەت دامەزرێنی لـە ناوبەینی ئەوانا ؛ چونکی ئەو دنیانە ئەگەر بە فەرقی بەش بدایێ بەوان خاوەن بەشە کەمەکان رازی نەدەبوون ؛ وە ئەگەر وەکو یەك پێت بدانایێ هـەرکـامیـان داوای زیادەی ئەکرد ؛ وە فەرزەن بە زاهیر رازی بوونایێ کینەی دڵیان دەرنەدەچو، بەڵام خودا بە میهرەبانی خۆی ئەو کینەیە گۆڕی بە خۆشەویستی‌و سەفای دڵ‌و ئولفەتی خستە بەینیانەوە کە بە راستی خودا غاڵبە بـەسەر خـواستی خۆیاو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا •

★ (يَا اَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ) (٦٤) ★

ئەم ئایەتە بازێ لە زاناکان فەرموویانە هاتوەتە خوارەوە پاش روداوی بەدر لە (بەیداء)دا ، واتە لە سارای نزیکی بەدرا ، وە مەبەس ئەوەیە ئـــەی

پێغەمەری خۆشەویست بەسە بۆ بەجێهێنانی مەبەستی تۆ لە بانگکردنی ئادەمیزادا بۆ دینی ئیسلام خودای تەعالاو ئەوانەی وان لە گەڵتا لە موسوڵمانان ، واتە هەر ئەم ژمارە موسوڵمانە ریشەی پێگەیشتنتانەو بەرە بەرە زیاد ئەکەن‌و ئەگەن بە مەبەستی خۆتان •

وە بازێ تر فەرموویانە : وەختێ خۆی لە ئەووەڵی ئیسلامەوە (٣٣) پیاوو (٦) ژن موسوڵمان بوون‌و پاش ئەمانە عومەری کوڕی خەطاب موسوڵمان بو ژمارەی موسوڵمان گەیشت بە چل کەس ، وە ئەم ئایەتە نازڵ بو لە سەر ئیعتیباری ئەوە کە ئەم ژمارە بناغەی بینای دینی ئیسلامەو لەسەر ئەمەوە موسوڵمان پەرەئەستێنێ •

★ (يا اَيُّها النَّبِيُّ حَرِّضِ المُؤمِنينَ عَلَى القِتالِ ، اِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشرُونَ صابِرونَ يَغْلِبوا مِأتَيْنِ ، واِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِأةٌ يَغْلِبوا اَلْفاً مِنَ الَّذِينَ كَفَروا بِاَنَّهُمْ قَوْمٌ لا يَفْقَهونَ) (٦٥) ★

پاش ئەوە کە خودا جاڕی ئەوەی دا خوداو موسوڵمانان بەسن بۆ یارمەتی پێغەمەر ـ د ـ لە بەجێهێنانی دەعوەتا •• خودا ڕێگەی نەصرەتی خۆی نیشان دا بەوە کە ئەمری کرد بە حەزرەت ـد ـ : تەرغیبی موسوڵمانەکان بدە لەسەر جیهادو تێیان بگەیەنە کە خودا ئامادەیە بۆ یارمەتیتان‌و ئێوەیش خۆتان ئامادە بکەن ، وە ئەگەر (٢٠) کەسی صابیری خۆگر بێ لە ئێوە زاڵ ئەبن بەسەر (٢٠٠)دووصەد کەسی کافردا ـ یەك بە دە ـ وە ئەگەر (١٠٠)کەسی خۆگر بێ لە ئێوە زاڵ ئەبن بەسەر هەزار کەسی کافردا ، وە ئەمەیش یەکەم : لەبەر ئەوەیەکە خودا ئەیەوێ دینی ئیسلام بڵاو بکاتەوە لە عالەما ، وە خودای تەعالا کاتێ ویستی شتێ بکا ئەیکا • وە دووەم : لەسەر تەماشای هۆی زاهیری موسوڵمانان دڵیان بە هێزە ؛ چونکی باوەڕیان وایە جەنگەکەیان لە بەر کەسبی سەعادەت‌و شەهادەتە لە دنیادا سەرداری‌و لە قیامەتا سەرفەرازی ، بەڵام کافرەکان قەومێکن کوێرن و فامیان نیە بسە

ئەساسێکی وا جەنگی لەسەر بکەن وە دڵیان بە ئیمان رووناك نیەو هەر بە چاولێکەری جەنگ ئەکەن •

ئەم ئایەتە لە هۆی ئەوەوە نازڵ بو کە خودای تـەعالا خستیـە دڵـی پێغەمەرەوە ـ د ـ حەمزەی مامی لەگەڵ (٣٠) سوارا نارد وە گەیشتن بـە ئەبو جەهل لە گەڵ (٣٠٠) سوارا ، وە بە یارمەتی خودا کە کەوتنە جەنگەوە ئەو تیپە کەمە ئەم سوپا گەورەی ، کە دە قات بوون ، شکاندو رایان کرد • بەڵام ئەم یاسایە گران بو لە سەرشانی موسوڵمانان ؛ چونکی بـە عـادەت راوەستانی یەکێ لە بەرابەری دە کەسەوە زەحمەتە ؛ جا خودا لە پاش ماوەیێ ئەم ئایەتەی تری نازڵ کردو فەرمووی :

★ (الآنَ خَفَّفَ اللهُ عَنْكُمْ وعَلِمَ اَنَّ فِيكُمْ ضَعْفاً ؛ فَاِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِـــأةٌ صابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِأتَيْنِ ، واِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ اَلْفٌ يَغْلِبُـــوا اَلْفَيْنِ بِـــاِذْنِ اللهِ ؛ واللهُ مَـــعَ الصَّابِرِينَ) (٦٦) ★

واتە : خودا ئیستە باری سووككرد لەســەر ئێوەو عیلمی تەعەللوقی بەست بەو زەعیفیە عادەتیە کە هاتوە بە سەرتاناو بڕیاری ئەوەی دا : کـــە ئەگەر لە ئێوە صەد کەسی خۆگر بێ زاڵ ئەبن بەسەر (٢٠٠) کـەسا ، وە ئەگەر هەزار کەسی خۆگر لە ئێوەدا بێ زاڵ ئەبن بە سەر دوو هەزار کەسا بـە ئیذنی خوداو فەرمانی خـوداو خواستی خودا . وە خودا یارمەتیدەری ئەوانەیە کە دامەزراوو خۆگرن •

بزانن ! یاسای ئایەتی پێشو لەسەر یەك بە دە بوو وە یاسای ئایەتـی دوایی لەسەر یەك بە دوو ؛ وە ئیختیاری کەلیمەی (عشرون)وە کـەلیمـەی (مأة) لەسەر ئەو ئەساسە بو کە (سریە) لە بیست کەس کەمتر نـەدەبـو وە سوپایش لە صەد کەمتر نەدەبو وە ئەم دوو ژمارەیە لە ناوا دائیر بوون •

وە ئەو زەعیفیە کە بو بە هۆی ئەم بارسووككردنە زەعیفی ئیمان نیەو زەعیفی لەش نیە ، بەڵکو زەعیفی نیشاتو خواستی ئادەمیزادەو شتێکـی

طەبیعیەو عادەتیە ، تەماشا ئەکەی باوکێ کە مردو چوار کوڕی بو منداڵ بوون وە تاقە کوڕێکی گەورەی بو ، گەورەکە غیرەت ئەکێشی بە شەوو رۆژ حەول ئەداو کاسبی ئەکاو براکانیو خوشکەکانیو دایکی بەخێو ئەکاو پێی خۆشەو ماندو نابێ بەلاّمکە براکانی پێگەیشتن ئەو نیشاطەی نامێنێ کە بە تەنیا حەول بدا ، ئەگەر براکانی کاسبی نەکەن لەگەڵیا ئەمیش دێتە دواوە هەروا موسوڵمانان لە ئەووەڵەوە کەم بوون . بیست کەس پێیان خۆش بو خۆیان بگرن لە بەرانبەری دووصەد کەسا ، بەلاّم پاش ئەوە کە موسوڵمانان زۆر بوون ئەو نیشاطە کز بو لەوە هێشتا هەر باری یەك بە دە هەڵبگرن بۆیە خودا کردی بە یەك بە دو جا ئەگەر ئایەتی یەکەم لەسەر ئیجاب هاتبێ ئەوە ئایەتی دووهەم ئەبێ بە ناسیخ بۆ ئەو وە ئەگەر لەسەر تەرغیب بووبێ ئەوە ئایەتی دووهەم ناسیخ نیە ، بەڵکو ئیستەیش ئەگەر یەکێ لە بەرابەری دە کافرەوە دەوام بکا هەر بە موعامەلەیەکی مەشرووعو خێرو مەردانەی دینی ئەژمێرێو کەس ناڵێت کابرا ئیشێکی نامەشرووعی کردو بە ناحەق خۆی دا بە کوشت ، بەڵکو کارەکەی ئەبێ بە هۆی مەدحو بە باشزانین لە لایەنی شەرعەوە .

★ (ما كانَ لِنَبيٍّ اَنْ يَكونَ لَـهُ اَسْرى حَتّى يُثْخِنَ في الاَرْضِ تُريدونَ عَرَضَ الدُّنْيا واللهُ يُريدُ الآخِرَةَ واللهُ عَزيزٌ حَكيمٌ) (٦٧) ★

پاش ئەوە کە سوپای ئیسلام لە بەدرا حەفتا کەسیان لە کافرەکان کوشتو حەفتا کەسیشیان بە دیل گرتو حەزرەت ـ د ـ رازی بوو بەوە کە (فیدیە) لە دیلەکان وەربگرن ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە ، خودا فەرمووی : ئەی پێغەمەری خۆشەویست رەوا نەبو وە نیە بۆ هیچ پێغەمەرێ کە بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵ کافرا دیل رابگرێ هەتا زۆر زۆر هێز وەرئەگرێو جێگەی خۆی دائەمەزرێنێ لە عەرزا ، بەڵکو حەقیان هەر ئەوە بوە کە دیلەکان بکوژن بۆ ئەوە کە شافەی کافرەکان نەمێنێو جارێکی تر نەتوانن ئامادە

بینەوە بۆ جەنگ کردن ، بەڵام ئێستە ئێوە خواستتان لەسەر ماڵی دنیایە بۆیە فیدیەتان وەرگرت . وە خودای تەعالا خواستی لەسەر بەرزەوەبوونی ئیسلامو دەوامی جیهادە بۆ ئەوە بگەن بە پایەو مایەی رۆژی قیامەت • وە خودای تەعالا بە عیزەتەو غالبە بەسەر دوژمنەکاناو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا ، وە ئەگەر فیدیەو ماڵی دنیایشتان وەرنەگرتایێ هەر دەوڵەمەند ئەبوون •

★ (لولا كِتابٌ مِنَ اللهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيما أخَذْتُمْ عَذابٌ عَظِيمٌ) (٦٨) ★

ئەگەر حوکمێ لە لایەنی خوداوە رانەبوردایە بەوە کە کەس سزا نەدا هەتا نەڕوا بە گژ نەهیی صەریحو ئاشکرادا ، وە یا بەوە کە ئەهلی جیهادی بەدر سزا نادرێن ، بە راستی لەو فیدیەدا کە وەرتان گرت سزایەکی گەورەی تێدا ئەبوو سزایەکی گەورەی ئەدان •

جا کاتێ کە ئەم ئایەتە نازڵ بو حەزرەت ـ د ـ و ئەصحابەکان دڵیان کەوتە دالغە لێدانو دەستیان نەبرد بۆ ئەو تالانەیش کە لە بەدرا دەستیان کەوتبو هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە •

★ (فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلالاً طَيِّباً وَاتَّقُوا اللهَ إِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٦٩) ★

واتە : دەی بخۆن لەوەی کە دەستان کەوت لە بەدرا کە حاڵی وایە ماڵێکی حەڵاڵی پاکە ، یەکەم لەبەر ئەوە لە جیهاد بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلامدا دەستتان کەوت ، دوەم لەبەر ئەوە کە لە ئەندازەی ئەو دەسکەوتە ئێوەیش ماڵتان خورابوو لە لایەنی ئەو کافرانەوە ، وە پارێز بکەن لە نافەرمانی خودا ، وە یا ئەمجارە ئەو فیدیە وەرتان گرتوە لە دیلەکان بیخۆنو جارێ تر وا مەکەنو خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خودا ، بە راستی خودا تاوانپۆشو گوناح بەخشە •

ریوایەت کراوە : لە رۆژی بەدرا حەفتا دیلیان هێنا بۆ خزمەتــی حەزرەت ـ د ـ کە عەباسی مامیو عەقیلی ئامۆزاییان لــە ناودا بــوو ، حەزرەت راوێژی کرد بە ئەصحابەکان : چی بکەین لەگەڵ ئەم دیلانەدا ؟ کۆمەڵێ رایان هاتە سەر ئەوە کە حەزرەت فیدیەیان لێ وەربگــرێ ، وە ئەبوبەکر لــەوانە بو ، وە عــەرزی کــرد : یا رەسوولەڵلا ئەمانە قــەومی خۆمانن. خزمن بیانهێڵەرەوە بەڵکو موسوڵمان بنو خودا لێیان خۆش بێ ، وە فیدیەیان لێ وەربگرەو ئەمە ئەبێ بە هێزو ژیوار بۆ ئەصحابەکان •

وە کۆمەڵێ رایان لەسەر کوشتنیان داو عومەری کوڕی خەطــاب لەمانە بوو عەرزی کرد : یا رەسوولەڵلا ئەمر بکە بدەین لە گەردنیــان من ئەدەم لە خزمەکەی خۆم (فلان)و حەمزە عەباس بکوژێو ، عەلی عەقیل بکوژێ •• هەروا بەم شێوە ! حەزرەت فەرمووی : ئەی ئەبوبەکر تــۆ لەسەر مەشرەبی ئیبراهیمی خەلیلی کە ئەیفەرمو (ومن تبعني فانه مني ومن عصاني فانك غفور رحيم) ، وە تۆ ئەی عومەر لەسەر مەشرەبی نوحــی کە ئەیفەرمو (رب لا تذر على الارض من الكافرين ديارا) • حــەزرەت ئەصحابەکانی خاترخۆ کردو رایان هاتە سەر وەرگرتنی فیدیەو ئەم ئایەتانە نازڵ بوون •

لێرەدا چەن شتێ بزانن :

یەکەم : ئەمەیە ئەم مادەی قەبووڵی فیدیە لە دیلەکانی بەدر بە ئیجتیهاد نەبوە لە لایەنی حەزرەتەوە ـدـ چونکی ئەم باسە خرایە راوێژەوە لە ناو ئەصحابەکاناو هەموو لایێ لە خاوەن راکان بیری خۆیان دەربڕیو حەزرەت لەسەر ئەساسی ئەوە کە خاوەن رەئیەو عوزوی رەئیسیە لە راوێژەکــەدا ئەو رایە پەسەند کرد کە فیدیە وەربگرێ لەبەر چەن حیکمەت ، یەکێکیان ئەمە بو کە دەرکەوت ئەم دیلانە لە ئەنجاما بوون بە موسوڵمانو گەورەی

ئەصحابە • دوەم لە کوشتنی ئەمانەدا غەیری ئازاری دڵی گشتیو قەطعی صیلەی رەحمو زۆرکردنی دەنگوباس سوودێ تر پەیدا نەدەبو • سێهەم لەو کاتەدا ئەم کۆمەڵە ئەصحابە پێویستیان بە ماڵو دارایی بو وە ئـــەو فیدیە جێگەی بۆ گرتن •

دووهەم : ئەو کەسانە کە ئەڵێن ئیجتیهاد لە کارا بوەو ئیجتیهادەکە هــەڵە بوە •• بــە هــەڵەدا چــوون ؛ چونکــە ئەگــەر ئــەو ئیجتیهــادە هـــەڵە بوایـــە خــودای تەعـــالا ئــەمری ئەکـــرد بـــە گەڕانــەوەی فیدیەکە بۆ خاوەنەکانیانو حوکمەکەی تێك ئەدا ؛ کەچی نە ئەو حوکمەی تێکداو نە فیدیەکەی گەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان ؛ وە ئەو عیبارەتە کـــە ئەفەرموێت (ماكان لنبي ••• الاية) عیبارەتە لە بەیانی ئەوە ئەم بیرەتان هەرچەن قەبووڵە بەڵام باشتر لەمە وەرنەگرتنی فیدیە بو ؛ بەڵام لەبـــەر خاتری ئەو میهرەبانیە کە لەگەڵ حەزرەتو ئەصحابەکانا بووی وەزعەکەی بۆ ئیختیار کردن • وە ئەو واقیعە کە لە بازێ ریوایەتا هەیە گۆیا حەزرەت ـ د ـ لەگەڵ ئەبوبەکردا گریان پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان •• ئەوە مەعنای ئەوەیە کە حەزرەت ـ د ـ لە کەمالی ئەدەبو بەندەییدا بوە لـــە حوزووری خوداداو لە بەر ئەوە دەرکی ئەوەی کردوە ئەو وەزعە بـــە (خلاف الاولى) دەرچوە خوشووع داگیری کردوەو گـــریاوە هــــەروا ئەبوبەکریش لەگەڵ ئەودا گریاوە •

★ (يا اَيُّها النَّبِيُّ قُلْ لِمَنْ فِي اَيْدِيكُمْ مِنَ الاَسْرى : اِنْ يَعْلَمِ اللّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْراً يُؤْتِكُمْ خَيْراً مِمَّا اُخِذَ مِنْكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ واللّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٧٠) ★

واتە : ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرمو بەو دیلانەی وان لە بەر دەستانا : ئەگەر ئێوە دڵتان خێری تێدا بێ دەربارەی ئیسلامو موسوڵمانانو عیلمی خودا تەعەللوق ببەستێ بە وجوودی قەصدی خێر لە دڵتانا خـــودا

زۆرترو چاکتر لەو ماڵەی وەرگیراوە لێتان بەرات ئەکا بۆتانو لە تاوانەکانی لەمەوبەریشتان خۆش ئەبێو خودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

★ (وَإِنْ يُرِيدُوا خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُوا اللَّهَ مِنْ قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٧١) ★

وە ئەگەر خواستیان لەسەر خیانەت بێ لەگەڵ تۆدا ئەوە لێیان مەترسەو گوێیان پێ مەدە ؛ چونکە لەمەوپێشیش خیانەتیان لەگەڵ خودادا کردو تەبلیغاتی تۆیان وەرنەگرت وە خودا زاڵ بو بەسەریانا وە بەم جۆرە داماوی کردنو خودا زانایە بە رازی نیهانو خاوەن حیکمەتە لە ئەوزاعو هەموو رووداوی جیهان •

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە - خ - : فەرموویەتی : عەباسی باوکم فەرمووی : ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵ بو ؛ چونکی من عەرزی حەزرەتم کرد : کە ئەو بیست هۆقە ئاڵتوونە بڕیار دراوە بۆ فیدیەی من لێم وەرنەگرێ ، ئەویش قەبووڵی نەکرد ، وە من حەقی خۆم داو ئیخلاصم کرد بۆ خودای خۆم ، لە پاشان خودا بیست بەندەی پێدام هەرکام لەوان بە جۆرێ تیجارەتی بۆ ئەکردمو خودا زیاتری پێدام لەوەی کە لە دەستم دەرچو ، وە زیاد لەوەیش رجای عەفوی خودام هەیە •

★ (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو لەبەر یارمەتی دینی ئیسلام کۆچیان کردو دارایی‌و خانووی خۆیان بەجێهێشتو تێکۆشان لە رێگەی دینا بە سەرفی ماڵو رۆحو گیان وە ئەو کەسانەیش لە مەدینەی مونەووەرەدا جێگەی ئەو کۆچەرییانەیان کردەوەو بە مادەو مەعنا یارمەتییان دان ئەوانە بازێکیان میراتگری بازێکیانن •

★ (والَّذِينَ آمَنُوا ولَمْ يُهاجِرُوا ما لَكُمْ مِنْ وَلايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهاجِرُوا) ★

وە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوەو کۆچیان نەکردوە ئەوە لە حوقووقی مەحەبەتی ساغی وا کە ببێ بە هۆی میراتگرتن لە یەکتر دوورن هەتا کۆچ ئەکەن •

★ (وإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ في الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وبَيْنَهُمْ مِيثاقٌ واللهُ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) (٧٢) ★

وە ئەگەر داوای یارمەتیتان لێ بکەن لە دینا . واتە دوژمنی دین لەبەر دین ئازاریان بداو ئەوانیش هاوارتان بۆ بێنن ئەبێ بڕۆن بە هاواریانەوە ئیللا مەگەر ئەو دوژمنانە لە تاقمێ بن کە لە بەینی ئەوانو ئێوەدا پەیمان ببێ ئەوە حەقتان نیە جەنگیان لەگەڵدا بکەن ، وە خودای تەعالا بینایە بەوەی ئێوە ئەیکەن •

★ (والَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِياءُ بَعْضٍ) ★

وە ئەو کەسانەیش کە کافرن بە دینی ئیسلام بازێکیان دۆستی بازێکیانن چونکی لە پاش ئێمان هەر کوفرەو کوفر هەمووی گومڕاهیە •

★ (إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُنْ فِتْنَةٌ في الأَرْضِ وفَسادٌ كَبِيرٌ) (٧٣) ★

ئەگەر رەفتار بەو یاسا نەکەن کە بۆم دانانو لە یەکتر بێ عەلاقە ببن ئەوە خراپەو بشێوی زۆر لە عەرزا پەیدا ئەبێو فەسادێکی گەورە ئەبێ •

★ (والَّذِينَ آمَنُوا وهاجَرُوا وجاهَدُوا في سَبِيلِ اللهِ والَّذِينَ آوَوا ونَصَرُوا اولئِكَ هُمُ المُؤْمِنُونَ حَقّاً لَهُمْ مَغْفِرَةٌ ورِزْقٌ كَرِيمٌ) (٧٤) ★

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو کۆچیان کردووەو جیهادیـــان کردوە لە ڕێگەی خودادا وە ئەو کەسانە کە جێگەی ئەوانیان کردوەتەوەو یارمەتییان داون ئەوانە بە ڕاستی خاوەن ئیمانن لە لای خوداداو لە جەزای ئەو بیرو باوەڕو کردەوە باشانەدا کە بوویانە لە لای خودا عەفوی تاوانو رزقو ڕۆزییەکی خاوەن پایەو شەرافەتیان هەیە •

★ (والَّذِينَ آمَنُوا مِنْ بَعْدُ وهاجَرُوا وجاهَدُوا مَعَكُمْ فَأُولئِكَ مِنْكُمْ) ★

وە ئەو کەسانە کە ئیمان دێنن لە پاش زەمانی هیجرەتو کــۆچ ئەکەن بۆ لای ئێوەو جیهاد ئەکەن لەگەڵتانا ئەوانەیش لە ئێوەنو لـــە ڕیزی موهاجیرو ئەنصارا حسێب ئەکرێن ، هەرچەن پایەی پێشـــوەکان زۆرتر بێو بەرزتر بێ •

★ (وأُولُوا الاَرْحامِ بَعْضُهُمْ اَوْلى بِبَعْضٍ في كِتَابِ اللهِ اِنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٧٥) ★

ئەوانە کە عەلاقەی ڕەحمیان هەیە بە یەکەوە بازێکیان نزیکترن لـــە بازێکیانەوە لە بێگانەکان ، واتە میرات بەوان ئەدرێ ئەگەر میراتگـری پشتی نەبوو نەك بە بێگانەکان ، وە خودا بە هەموو شتێ زانایە بۆیە ئــەم یاسایە داناوە •

سوورەتی تەوبە مەدەنییە ، ١٢٩ ئایەتە

ئەم سوورەتە گەلێ ناوی هەیە لەوانە : (براءة) چونکە لە ئەووەڵەوە ئیعلانی بەرائەتو یەخەهەڵتەکاندنی پێغەمەری خودای تیایە لە پەیمانداری لەگەڵ کافرەکانا ، وە پێی دەوترێ سوورەتی (تەوبە) چونکی باسی قەبووڵی تەوبەی ئەو جەماعەتەی تێدایە کە لە غەزادا دواکەوتن لە سوپای حەزرەت (د) •

پرسیار کراوە : بۆچی لە ئەووەڵی ئەم سوورەتەوە (بسم الله الرحمن الرحیم) نیە ؟ وەڵام دراوەتەوە بە چەن وەڵامێ :

یەکەم : ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێ : پرسیم لە (عثمان) بۆچی ئەم سوورەتە لە ئەووەڵەوە (بسم الله)ی تیا نیە ؟ ئەویش فەرمووی : پێغەمەر (د) خۆی جێگەی سوورەتو جێگەی ئایەتی دەرئەبڕیو دیاری ئەکرد ، وە سوورەتی بەرائەت لە ئاخری سوورەتەکانی قورئانا بوو ، وە لە پێش تەعیینی جێگەیا حەزرەت کۆچی دوایی کرد • جا لەبەر ئەوە کە مەعناو ئەحکامەکانی موناسبی سوورەتی ئەنفال بو هاتین لە پاش ئەنفالەوە دامانناا •

بەڵام قازی ئەفەرموێ : زۆر دوورە کە حەزرەت بەیانی جێگەی ئەم سوورەتەی نەکردبێ ، وە حەق وایە کە حەزرەت ئەمری فەرموە لەم شوێنەدا داینێینو (بسم الله) لە ئەوەڵیەوە نەبێ لەبەر ئەوە سوورەتی

دووری کردنە لە کافرەکانو مەجالی تەبەرروك نیــە بـە (بسم الله الرحمن الرحیم) •

دووەم : ئەوەیە ریوایەت کراوە لە (ابی ی کوڕی کعب)ەوە : تەماشامان کـرد کـە سـوورەتی ئەنفـال عەهـــدو پەیمـانی تێـدایەو سـوورەتی بەرائەت باسی تێکدانی ئەوانە ئەکا لە پاش ئەنفالەوە نووسرا •

سێهەم : ئەمەیە ئەصحابەکان ئیختیلافیان بو لـەوەدا کە ئەنفـــالو بەرائەت یەك سوورەتن یا دوو سوورەت ! هەر بازێ لەسەر بیرێ بوون ، جا لەبەر ریعایەتی ئەوە کە یەك سوورەتن سوورەتی بەرائەت نووسرا لـە پاش ئەنفال وە لەبەر ئەوە کە مەعلووم نیە یـەك سوورەت بن (بسم الله الرحمن الرحیم) نەنووسرا •

چوارەم : ئەمەیە ئیبنو عەبباس ئەڵێ پرسیارم کرد لە حەزرەتی عەلی : بۆچی (بسم الله الرحمن الرحیم) نەنووسرا لـە ئەوەڵی ئەم سوورەتەوە ؟ ئەویش فەرمووی : (بسم الله) شیعاری هێمنیو سەلامەتیو دۆستیە ، وە سوورەتی بەرائەت بۆ ئەمر بە بەکاربردنی شیر هاتوە لەگەڵ کافرەکانا وە ناکەونە یەك •

پێنجەم : ئەمەیە رەنگە لەبەر ئەوە کە خـودا زانیویەتی ئیختیلاف واقیع ئەبێ لەوا ئاخۆ (بسم الله الرحمن الرحیم) لە قورئانە یا نە ، خودا ئەمری کردوە بە حەزرەت کە (بسم الله) نەنووسرێ لە ئەوەڵی ئـــەم سوورەتەوە بۆ تەنبیهـ لەسەر ئەوە کە (بسم الله الرحمن الرحیم) بو لـە ئەوەڵی سوورەتەکانەوە داخڵی سوورەتەکانە وە لـــەم سوورەتەدا کـە (بسم الله)نیە (بسم الله الرحمن الرحیم) داخڵی سوورەتەکە نیـەو لـە قورئانی پیرۆز نیە •

فەرموویانە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمــە بـوو کاتێ کە حەزرەت (د) رۆیی بۆ غەزای تەبووك موونافیقەکانی شاری مەدینە نەڕۆیشتن بۆ جیهادو گەلێ دەبدەبەو قسەی پووچییـــان بڵاوکردەوەو کافــــرە موشریکەکانی عەرەبیش ئەو عەهدو پەیمانە کە کردبوویان لەگەڵ حەزرەتا تێکیان دا . جا حەزرەت بە فەرمانی خودا عەهــدەکەی فڕەدایەوە بـۆ کافرەکانو ئەم ئایەتە نازڵ بوو ئیعلانی بەرائەتو بێپەیمانی کرا •

ریوایەتکراوە : لە ساڵی هەشتی کۆچیـدا حەزرەت (د) لە شکری بردو مەکەی گرتو (عتابی کوڕی اسید)ی کرد بە کاربەدەستی ئیسلام لە مەکەدا ، وە لە ساڵی نۆدا حەزرەت (د) ئەبوبەکری کرد بە ئەمیری حەجو ئەمری کرد کە ببێ بە رەئیس لە حەجدا ، جا کاتێ ئەم سوورەتە نازڵ بوو حەزرەت ئەمری کرد بە عەلی کە بڕوات ئایەی بەرائەت بخوێنێتەوە بەسەر کافرەکانا ، عەرزیان کرد : ئەمرت بکردایە بـــە ئەبوبەکر ئەیخوێندەوە • ئەویش فەرمووی : عەهدو پەیمان هەرکەسێ بیکا ئەبێ پووچکردنەوەی ئەو عەهدە یائەو کەسە بیکا کە عەهدەکەی کردوە یا کەسێ لە هاونەسەبی ئەو • جا حەزرەتی عەلی رۆیشت بۆ مەکەو لە رێگەی مەکەدا گەیشت بە ئەبوبەکر . ئەبوبەکر پاش بەخێر هاتنی فەرمووی : بە ئەمیری هاتووی یا بە مەئمووری ؟ ئەویش فەرمووی : مەئموورم ، جا حەزرەتی ئەبوبەکر لە رۆژی هەشتی (ذی الحجه)دا کە رۆژی (ترویه)یـە خوتبــــەی خوێندەوە بەســەر حەجاجداو ئادابی حـەجی نیشاندانو رۆژی جـەژن حەزرەتی عەلی لە لای (جمرة العقبة) راوەستاو دەوری چل ئایەتی لـــە ئەوەڵی بەرائەتەوە خوێنـــدەوە بەسەریاناو فەرمووی : من فرستادەی حەزرەتمو ئەمرم پێکراوە بە چوار شت •

یەکەم : لە پاش ئەم ساڵە کافری موشریك نزیکی بەیتوللای شەریف نەکەوێ •

دووەم : ئینسانی رووت تەوافی کەعبە نەکا •

سێهەم : داخڵی بەهەشت نابێ ئیللا نەفسێ کە ئیمانی بێ •

چوارەم : عەهدی کافرەکان رەدبکرێتەوە بۆ سەریانو پەیمانیان نەمێنێ •

جا خەڵکەکەیش عەرزیان کرد : ئەی عەلی عەرزی ئامۆزات بکە (واتە پێغەمەر) : وا ئێمە هەموومان پەیمانی کافرەکانمان بەتاڵکردەوەو لە بەینی ئێمەو ئەوانا نیە مەگەر لێدان بە شیرو وەشاندنی رم •

خودا فەرموویەتی :

★ (بَراءَةٌ مِنَ اللهِ ورَسُولِهِ الى الَّذِينَ عاهَدْتُمْ مِنَ المُشْرِكِينَ) (١) ★

واتە : ئەم رۆژە رۆژی جیابوونەوەو بێپەیمانیە لە لایەنی خوداو پێغەمەری خوداوە لەگەڵ ئەوانە کە پەیمانتان لەگەڵدا کردوون لە کافرە موشریکەکان •

★ (فَسِيحُوا في الارْضِ اَرْبَعَةَ اَشْهُرٍ) ★

وە ماوەتان هەیە ئەی کافرە موشریکەکان چوار مانگ لە ولاتا بگەڕێن بە ئەمینیو کەس دەست نابا بۆ خۆتانو بۆ دەستوپەیوەندتان ، وە لەم ماوەدا ئەگەر دڵتان هاتە سەر ئیسلام ئەوە باشە ئەگەرنا قەبووڵ ناکرێ لێتان بە کافری بمێننەوە •

★ (واعْلَمُوا اَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللهِ واَنَّ اللهَ مُخزِي الكَافِرِينَ) (٢) ★

وە بزانن ئێوە ناتوانن خودا بێدەست بکەن کە نەتوانێ بەرانبەری ئێوە بکاو یاخود نەتوانێ ئێوە بفەوتێنێ ، بەڵکو تەوانایی خودا دەرکەوت ، وە بزانن کە خودا کافرەکان رسوا ئەکا •

وە بزانن ! ئەو چوار مانگی ماوەی مۆڵەتە بۆ کافرەکان عیبارەت بو لە (شەووال)و (ذی القعده)و (ذی الحجه)و (محرم) چونکی ئــەو ئایەتە لە مانگی شەووالدا نازڵ بوە •

وە بازێ فەرموویانە : ئەو ماوەیە بیست رۆژ بوە لە (ذی الحجه)و تەواوی (محرم)و (صفر)و (ربیع الاول) وە دوو رۆژ لە (ربیع الثاني) چونکی تەبلیغی ئەم حوکمە لە رۆژی جەژنی قوربانا بوە لە لایــەنی حەزرەتی عەلیوە (خ) وە مۆڵەتەکە لە کاتی راگەیاندنەوە حسێب ئەکرێ •

★ (واَذَانٌ مِنَ اللهِ ورَسولِهِ اِلى النَّاسِ يَوْمَ الحَجِّ الاَكْبَرِ : اَنَّ اللهَ بَرِيءٌ مِنَ المُشْرِكِينَ ورَسولُهُ) ★

واتە : ئەمە کە ئیستە بەیانی ئەکەین خەبەردانو جاڕدانە بە نــاو کۆمەڵەی ئادەمیزادا لــە لایــەنی خوداو پێغــەمەری خوداوە لــە رۆژی حەجی زۆر گەورەدا وە جاڕەکە ئەمەیە کە : خوداو پێغەمەری خودا بەرینو دوورنو بێ مەحەبەتنو بێ پەیوەندن بە کافرە موشریکەکانەوەو بە هیچ جۆر میانەمان پێکەوە نیە •

★ (فَاِنْ تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ ، واِنْ تَوَلَّيْتُمْ فاعْلَمُوا اَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى اللهِ) ★

جا ئەگەر تۆبەتان کرد لە کافرێتیو هاوڕێقەراردان بۆ خوداو دینی تەوحیدتان گرتە ئەستۆی خۆتان ئەوە زۆر باشە بۆ دنیاو قیامەتتان ، وە ئەگەر پشتتان هەڵکرد لە دینی تەوحید کە دینی ئیسلامە ئەوە بزانن رزگار نابن لە دەستمانو ئێوە ناتوانن خودا ماتڵ بکەن لە ئیش کردنو زاڵبوون بەسەر ئێوەدا •

★ (وبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِعَذابٍ أَلِيمٍ) ★ (٣)

وە موژدە بدەن بەوانە کە کافرن بە سزایەکی سەخت لـــە لایەنی خوداوە •

★ (إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدْتُم مِنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنْقُصُوكُمْ شَيْئاً وَلَمْ يُظاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَداً فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ) ★ (٤)

واتە : خوداو پێغەمەری خودا لە رۆژی حەجی گەورەدا ئیعلانی بەرائەتو نەمانی پەیمان ئەکەن لەگەڵ موشریکەکانا ئەوانە نەبێ کە پەیمانتان لەگەڵدا کردوونو لە پاشا هیچ شەرتێ لە شەرتەکانیان نەفەوتانو تێکیان نەداو نەیاندایە پاڵی کەسو هیچ دوژمنێکیان پشتقایم نەکرد لەسەرتان ئەوە ماوەی پەیمانەکەیان بۆ تەواو بکەنو زیانیان لێ مەدەن تا ماوەی ئەو پەیمانە تەواو ئەبێ ، بە راستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە خۆیان ئەپارێزن لە پەیمانشکاندن •

★ (فَإِذا انْسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وخُذُوهُمْ واحْصُرُوهُمْ واقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ) ★ :

جا کاتێ ئەو مانگانە کە شەڕکردن لەگەڵ کافرەکان حەرام کراوە تیایانا رابوردن ، وەکو باسمان کردن ، ئەمجار موشریکەکان بکوژن لە هەر شوێنێکا دەستان بکەون وە بیانگرن بە دیلو حەصریان بکەنو مەیەڵن هاتو چۆو ئاڵو وێر بکەن وە یان مەنعیان بکەن لە چوون بۆ ناو مزگەوتی حەرام وە بۆیان دابنیشن لە هەموو رێبازێکدا وە لە هەموو شوێنێکی وەهادا کە مەزەنەی کوشتنو گرتنیان بێ •

★ (فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَوٰةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٥) ★

جا ئەگەر تۆبەیان کرد لە کوفرو نوێژەکانیان کردو زەکاتیان دا ئیتر رێگەیان بەرەڵا بکەنو لە جوملەی خۆتان تەماشایان بکەن ؛ چونکی بە راستی خودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەمەیە بە زاهیر فەرق نیە لە بەینی ئایەتی یەکەمو دوەم لە مەعنادا ؛ چونکی هەردوولایان ئیعلانی بەرائەتو جیابوونەوەیە لە پەیمانی موشریکەکان ئیتر سوودی ئەم تەکرارە لەم دوو ئایەتەدا چیە ؟

وەڵامەکەی ئەمەیە : کە مەبەس لە ئایەتی یەکەم ئەمەیە بەرائەتەکە بو . وە مەبەس لە ئایەتی دوەم ئیعلانی ئەو بەرائەتەیە • دووهەم : مەبەس لە ئایەتی یەکەم بەرائەتە لە عەهدو پەیمان لەگەڵ موشریکەکانا • وە مەبەس لە ئایەتی دووهەم قەطعی مەحەبەتو دۆستیە لەگەڵ هەموو کافرەکاندا خواە موشریك بن یا ئەهلی کیتاب ، وە لە ناو موشریکەکانا خواە پەیمانیان بووبێ یا پەیمانیان نەبووبێ • سێهەم مەبەس لە ئایەتی یەکەم بەرائەتە لەو

کافرە موشریکانە کە پەیمانیان هەڵوەشاندوەتەوە ، بەڵام مەبەس لەم ئایەتە بەرائەتە لە موشریکەکان بە بێ قەیدو سیفەت •

باسی دوەم : مەبەس لە حەجی ئەکبەر چیە ؟ وەڵامەکەی ئەمەیە : ئیبنو عەباسو جەماعەتێ ئەڵێن رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی عەرەفەیە ؛ چونکی حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (الحج عرفة) لەبەر ئەوە کە هەموو حاجیەکان لە یەك رۆژا واجبە لەو شوێنەدا گردببنەوە ، واتە لە پاش زەوالی رۆژی نۆهەمی (ذي الحجة) هەتا تولووعی فەجری رۆژی جەژن بەڵام باقی رۆژەکان وەها نین •

وە حەزرەتی عەلیو ئیبنو عەباس لە رایوایەتێکی دووهەما وە گەلێ لە زاناکان فەرموویانە : رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنە ؛ چونکی مەناسیکی حەج وەکو رەمی جەمرەی گەورەو سەرتاشینو حەیوان سەربڕینو تەوافی روکن هەموو لەم رۆژی جەژنەدا جێبەجێ ئەبێ •

وە بازێ فەرموویانە : حەجی ئەکبەر حەجە هەرچۆن بێ ، وە حەجی ئەصغەر عومرەیە ؛ چونکە پایەی وەکو حەج نیە •

وە عامەی ناس ئەڵێن : حەجی ئەکبەر حەجێکە کە راوەستانی عەرەفەی لە رۆژی جومعەدا بێ ، بەم ئیعتیبارە کە رۆژی جومعە رۆژی حەجی مەساکینەو راوەستانی ئەو عالەمە زۆرەیش لە خاکی عەرەفاتا ئەبێ بە دوو حەج •

وە ئیبنو کەثیر ریوایەتێ ئەکا کە حەزرەت (د) لە ساڵی (حجة الوداع)دا لە عەرەفاتا خوتبەی خوێندەوە بەسەر موسوڵمانانا فەرمووی : ئەم رۆژە رۆژی حەجی ئەکبەرە •

بەڵام لەم مەوزووعەدا حەدیثێکی صەحیح هەیە کە بوخاری ریوایەتی کردوە لـە ئیبن‌و عومەرەوە (خ) ئەفەرموێت : پێغـەمەر (د) لـە رۆژی جەژنی قوربانیدا لـە ساڵی (حجـة الوداع)دا راوەستا لـە بەینی کۆگا بەردەکاناو فەرمووی : ئـەم رۆژە چ رۆژێکە ؟ عەرزیان کـرد : رۆژی جەژنی قوربانە • فەرمووی : ئەم رۆژە رۆژی حەجی ئەکبەرە • وە ئەم حەدیثە ریوایەت کراوە لـــە لایەنی ئەبوداودو ئیبن‌و ماجەهەوە بـــە (مەوصوول)ی • وە ئەم قسە ئیتر قسەی حەقەو نیزاع ئەبڕێتەوە لەوەدا کە رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنی قوربانە •

هەروا نەصی ئایەتی (واذان من الله ورسوله الی الناس یـــوم الحج الاکبر) دەلیلی قەطعیە لەسەر ئەوە کە ئەو رۆژە حەزرەتی عەلی (ك) ئیعلانی بەرائەتی کرد رۆژی حەجی ئەکبەر بوە وە ئەو رۆژە جەژنی قوربان بو • کەوابێ بە نەصی ئایەت رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنی قوربان بوە • وە بازێ کەس ئەڵێن لە دینی ئیسلاما دیارە حەج روکنێکە لـــە ئەرکانی خەمسەی ئیسلام • وە ئەم روکنە کاتێ موسوڵمان کەوتە ناویەوە لە کاتی ئیحرامبەستنەوە ئیتر رۆژەکانی هەموو رۆژی حەجن ؛ بەڵام لەم رۆژانەدا رۆژی حەجی زۆر گەورە دەست ئەدا رۆژی عەرەفە بێ لەبەر ئەوە کـە قەرەباڵغی حەجاج هەمووی لە یەك عەرزا گردئەبێتەوە مەگەر بـسازێ دواکەوتو ؛ یانی بازێ کە نەگەیشتبن بە راوەستانی عەرەفەدا لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانانا •

وە دەست ئەدا رۆژی جەژن بێ ؛ چونکی زۆربەی ئادابی حەج لەو رۆژەدا جێبەجێ ئەبێ کەوابێ بەیانی حەجی ئەکبەر بە هەرکام لەو دوو رۆژانە بکرێ دروستە •

زیاد لەمانە زۆر نزیکە کە مەعنای (الحج الاکبر) لەسەر ئەوە بێ کە رۆژی حەجێکە سەرکەوتنی ئیسلامی تیا دەرکەوتوە بەسەر کوفراو موسوڵمانەکان هەموو بە بێ ترسو بیم ئادابی حەج بەجێ‌دێنن‌و لەسەر ئەم مەعنایە ئەو حەجە کەئەبوبەکری صدیق ئەمیر بو تیایا لە ساڵی نۆدا رۆژی حەجی ئەکبەر بو . لەبەر ئەوە ئیسلام سەرکەوتبوو حەزرەتی عەلی توانی کە ئیعلانی بەرائەتی خوداو پێغەمەرو موسوڵمانان بکا لە کافران . هەروا ئەو رۆژەیش کە حەزرەت (د) حەجی تێدا کرد لە ساڵی دەدا هەر (حج الاکبر) بو لە بەر ئەوە کە سەرکەوتنی ئیسلام زیاترو ژمارەی حەجاجی موسوڵمان زۆرتر بوە لە ساڵی نۆ . وە هەموو موسوڵمانانیش یەکدڵ بوون . وە پاش ئەم دوو حەجە ئیتر هیچ حەجێ نەبوە کە موسوڵمانان وەها یەکدڵ بووبن‌و سەرشاری پیرۆزی بووبن . چونکە لە حوزووری پێغەمەرا بوون (د) .

باسی سێهەم : خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : تەئجیلی ئەو چوار مانگە بەم یاسا بوە : ئەوانە کە عەهدیان شکاندوەو عەهدیان زیاد بوە لە چوار مانگ بێنە خوارەوە بۆ چوار مانگ . وە ئەوانە کە عەهدیان نەبوە وە یا عەهدیان نەماوە چوار مانگیان بۆ دابنرێ ، وە ئەوانەی کە عەهدیان کەمتر بوە لە چوار مانگ لەو تەئریخەوە چوار مانگیان بۆ بڕیار بدرێ ، وە ئەوانە کە عەهدیان نەشکاندوە لەسەر ماوەی عەهدی خۆیان بمێنن .

وە مەبەس لەم جاڕدان‌و ئاگادارکردنەوە چەن شتێ بوە :

یەکەم : ئەو کافرانە لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا باش تەماشای کاری خۆیان بکەن ، وە بزانن کە پاش ئەو ماوە مەجالی سێ شتیان هەیە : یا جەنگ ، وە یا موسوڵمان بوون ، وە یا جیزیەدان ــ بۆ ئەوانەیان کە

ئەهلی کیتابن ـ . جا وەزعی وەها ئەبێ بە هۆی ئەوە کە دینی ئیســـلام قەبووڵ بکەن •

دوەم : هەتا موسوڵمانان نیسبەت نەدرێن بە هەڵوەشاندنەوەی عەهدو پەیمان •

سێهەم : خودا ویستی موشریکەکان دابگرێ بە جیهاد وە ماوە بۆ هەموویان دابنێ وەکو یەك لەبەر نیشاندانی ئەوە کە ئیسلام بەهێز بوە وە کافران ئەبێ بترسن لەبەر ئەوە کە مـــاوە تـــەواو بو ئەکەونە ئەمری واقیعەوە •

وە پێویستە بزانن کە لە بیری زۆری زانایاندا وە یا بە ئیجماع وەکو وتراوە بەم ئایەتە راوەستانی جەنگ لـــە چـــوار مانگەی مەشهوور (ذی القعده)و (ذی الحجه)و (محرم)و (رەجەب)دا نەسخ بوەوە • وە دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە کە حەزرەت (د) لە مانگی شەوالدا ـ هەرچەن مەعلووم نـەبو ئـەو جەنگە کـەی تەواو ئەبێ ـ رۆیشتە سـەر قەبیلەی هەوازین وە لە مانگی (ذی القعده)دا دەورەی طائیفی دا •

بەڵێ عەطا ئەڵێ حورمەتی ئەو مانگانەو حورمەتی شاری مەکە هەر ماوەتەوە وە دروست نیە جەنگیان تێدا بکرێ مەگەر کە ئەوان دەست پێ بکەن وە یا مەشغووڵی ئامادەبوون بن بۆ جەنگ ، وە ئـــەو جەنگەی هەوازین‌و طائیف بەم جۆرە تەئویل ئەکا •

★ (وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ) (٦) ★

وە ئەگەر یەکێ لەو کافرانە کە فەرماندراوە بۆ دەست بـۆ بردنی پەنای هێنا بە تۆ ئەوە تۆ تەئمینی بکەو ئەمانی پێ بدە بۆ ئـەوە کەلامی خودا ببیسێو فکر بکاتەوە لە حەقیقەتی ئیسلامدا ، جا ئەگەر موسوڵمان بو ئەوە باشە . وە ئەگەر موسوڵمان نەبو بیگەیەنەوە بۆ جێگەی ئەمینی خۆی . کە ئەو شوێنەیە زوو تیایا بوە ، وە ئەم تەئمین کردنەمان بۆ ئەوە قەرار داوە کە ئەو کافرانە کۆمەڵێکن نازانن ئیمان چیەو قورئان چۆنەو ئیسلامیەت چەندە بەسوودە ، وە هیوایە لەو ماوەدا کە لەنـاو ئێوەدا دەوام ئەکا صوحبەتی تۆ وە یاران وە بیستنی بازێ شتی بە قیمەت تەئثیر بکا لە دڵی کابرادا وە ئیمان بێنێ .

★ (كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِنْدَ اللهِ وعِنْدَ رَسُولِهِ إلاَّ الَّذِينَ عاهَدْتُمْ عِنْدَ المَسْجِدِ الحرامِ ؟ فَمَا اسْتَقامُوا لَكُمْ فاسْتَقِيمُوا لَهُمْ إنَّ اللهَ يُحِبُّ المُتَّقِينَ) (٧) ★

واتە چلۆنو بە چ حاڵێکەوە ئەو کافرانە عەهدو پەیمانی راسـتی دامەزراویان ئەبێ کە لە لای خوداو پێغەمەر جێگەی ئیعتیبار بێ جگە لەو کافرانە کە لە لای (مسجد الحرام)دا موعاهەدەتان لەگەڵدا کردن ؟ کە ئەوانە بوون نەیانشکاند ، ئەمانە مادام لەسەر ساغیو راساڵی مانەوە لەگەڵ ئێوەدا ئێوەیش لەگەڵ ئەواندا پەیمان راگرین ؛ چونکی بە راستی خودا خۆشی دێ لەوانە کە لە نافەرمانی خودا خۆیان ئەپارێزن .

★ (كَيْفَ وإنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لاَ يَرْقُبُوا فِيكُمْ إلاًّ ولاَ ذِمَّةً ؟! يُرضُونَكُمْ بِأَفْوَاهِهِمْ وتَأْبى قُلوبُهُمْ وأَكْثَرُهُمْ فاسِقُونَ !) (٨) ★

چلۆن عه‌هدو په‌یمان ئه‌بێ بۆ موشریکه‌کان وه‌لحاڵ من ئه‌زانم که حاڵی ئه‌وان وایه ئه‌گه‌ر رۆژێ هه‌ڵکه‌وێ ده‌ستیان بڕوا به‌سه‌رتانا موراعاتی هیچ په‌یوه‌ندی‌و موراعاتی سیله‌ی ره‌حم ناکه‌ن‌و ته‌ماشای مروه‌ت‌و ویژدان ناکه‌ن ؟! ئه‌مانه له کاتێکدا داماو بن به زمان قسه‌ی دۆستیتان بۆ ئه‌که‌ن‌و رازیتان ئه‌که‌ن به واده‌ی ئیمان‌و ئیتاعه‌و وه‌فاکاری وه له عه‌ینی کاتا دڵیان مانیعه له به‌جێهێنانی ئه‌و شتانه که ئه‌یڵێن وه زۆربه‌ی ئه‌وانه فاسق‌ن‌و ده‌رچوون له یاسای ئه‌خلاقی به‌رزی ئینسانانه • (اِلّ) سوێنده • (ذمّه) په‌یمانه ، یا ئه‌و په‌یمان‌و ئه‌م ویجدانه •

★ (إشْتَرَوْا بِآیاتِ اللهِ ثَمَناً قَلِیلاً) : ★

وه‌ریان‌گرتوه له باتی فه‌رمانبه‌رداری ئایاتی خودا به ئیمان هێنان‌و کرده‌وه‌ی پاك‌و چاك تۆڵه‌یه‌کی که‌م له دنیا ئه‌وانه‌یان که وا نه‌داران وه یا تۆڵه‌یه‌کی بێ‌نرخ له ئاره‌زووبازی ئه‌وانه‌یان که داراو خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتن •

★ (فَصَدُّوا عَنْ سَبِیلِهِ) : ★

جا هاتن مه‌نعی خه‌ڵکیان کرد له قه‌بووڵی سولووکی رێگه‌ی خودا که ئیمانه به قورئان •

★ (إنَّهُمْ ساءَ ما کانُوا یَعْمَلُونَ) (٩) ★

ئه‌مانه به راستی زۆر خراپه ئه‌وه‌ی که ئه‌وان ئه‌یکه‌ن •

★ (لا یَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إلاًّ ولا ذِمَّةً) ★

چاودێری ناکه‌ن به‌رابه‌ر به موسوڵمانان نه عه‌هدو په‌یمان‌و نه خزمایه‌تی‌و ویژدان •

★ (واولئِكَ هُمُ المُعْتَدونَ) (١٠) ★

وه ئەوانه هەموو ئەهلی ستەمکاریو جەفابارین •

★ (فَإنْ تابُوا واَقامُوا الصَّلاةَ وآتَوُا الزَّكاةَ فَإخْوانُكُمْ في الدِّينِ وَنُفَصِّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمونَ) (١١) ★

جا ئەگەر ئەو کافره موشریکانه پەشیمان بوونەوه له کوفرو ئیشراكو نوێژەکانیان به دەوام کردو زەکاتی ماڵی خۆیانیان دا به موستەحەقان ئەوه لەو کاتەدا ئەبن به براتان له دینی ئیسلاماو موساوی ئەبن لـه حوقووقی دنیاو قیامەتا ، وه ئێمه ئەم ئایاته به درێژی نازڵ ئەکەین بۆ قەومێ کەوا زانا بن به حەقیقەت •

★ (وإنْ نَكَثُوا اَيْمَانَهُمْ مِنْ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وطَعَنُوا في دِينِكُمْ فقَاتِلُوا اَئِمَّةَ الكُفْرِ إنَّهُمْ لاَ اَيْمانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهونَ) (١٢) ★

مادام ئەوان ئەو عەهدەیان شکاند که لەگەڵ ئێوەدا بەستبوویان وه له پێش ئەوەیشدا عەزمیان کرد لەسەر دەرکردنی پێغەمەری خودا لـــه (مەکه) •• دەی بزانن ئەوانه پێشەوای عالـــەمی کوفـرن وه ئێوەیش چاوەڕێتان لێ دەکرێ که جەنگ بکەن لەگەڵ پێشەوایانی کوفرا ؛ چونکه به راستی ئەوانه عەهدو پەیمانیان نیه ، بەڵکو به هۆی ئەو جەنگی ئێوەوه دەسبەردار بین لەم ناعەهدیو نامەردیه •

★ (اَلاَ تُقاتِلونَ قَوْماً نَكَثُوا اَيْمَانَهُمْ وهَمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسولِ وهُمْ بَدَؤُكُمْ أوَّلَ مَرَّةٍ ؟!) : ★

ئایا جەنگ ناکەن لەگەڵ قەومێکدا کە عەهدو پەیمانی خۆیان شکاندو دایانە پاڵ هۆزی (بنی بکر) بۆ ئەوە بچن بە گژی (خەزاعە)دا کـــە هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئێوەدا وە لەوەپێش قەصدی دەرکردنی پێغەمەریان کرد لە مەکەدا وە ئەوان لە پێشا دەستیان کرد بـــە دەربڕینی عەداوەتو دۆژمنایەتی لەگەڵتانا ؟

★ (اَتَخْشَوْنَهُمْ ؟ فَاللهُ اَحَقُّ اَنْ تَخْشَوْهُ إنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) (١٣) ★

ئایا ئێوە لەوانە ئەترسن لەگەڵ ئەوەدا قیمەتیان نیە لە لای شەوکەتی ئیسلاما ئیمڕۆ ؟ ئەگەر لەوانە ئەترسن بزانن ئەوە کارێکی باش نیە ؛ چونکە خودای تەعالا شیاوترە بۆ ئەوە کە لێی بترسن ئەگەر بەراستی موسوڵمانن‌و خاوەن ئیمانن •

★ (قاتِلوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللهُ بِاَيْدِيكُمْ ويُخْزِهِمْ ويَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ ويَشْفِ صُدورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ) (١٤) ★

بڕۆن بە گژیاناو جەنگیان لەگەڵدا بکەن ، ئەگەر ئێوە ئەوە بکەن خودا بە دەستی ئێوە سزایان ئەداو ئەیانکوژێ‌و رسوایان ئەکاو ئێوە زاڵ ئەکا بەسەریاناو شیفای ئێش‌و ئازاری دڵی ئەو موسوڵمانانە ئەدا کە بـــە دەستی ئەوان تووشی ئازار بوون •

★ (ويُذْهِبْ غَيْظَ قُلوبِهِمْ ويَتوبُ اللهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ ، واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (١٥) ★

وە بە هۆی زاڵبوونی ئێوە بە سەر ئەوانا ئەو کینەو عەداوەتە کە لە دڵی موسوڵمانەکانا بوە ــ لە پێشدا ــ بە هۆی نامەردی ئەو کافرانـــەوە

هەمووی لا ئەبا ، وە ئەگەر کەسێ لەو کافرانە تۆبەی لە کوفرو نامەردی کردو گەڕایەوە بۆ ئیسلامو کردەوەی چاکە خودای تەعالا تەوبـەی لێ قەبوڵ ئەکا ، وە خودای تەعالا زانایە بە رازو نیازی هەمـــوو کەسێو خاوەن حیکمەتە لە زاڵکردنی هەر کەسێ وە یا هەر قەومێ بەسەر کەسێ یا قەومێ ترا ٠

★ (اَمْ حَسِبْتُمْ اَنْ تُتْرَكُوا ولَمَّا يَعْلَمِ اللهُ الَّذِينَ جاهَدُوا مِنْكُمْ ولَمْ يَتَّخِذُوا مِنْ دونِ اللهِ ولاَ رَسولِهِ ولا المُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ؟ واللهُ خَبِيرٌ بِما تَعْمَلونَ) (١٦) ★

ئەم ئایەتە خیطابە لەگەڵ ئەو بازە موسوڵمانانە کـە مەیلیان لەسەر جیهاد نەبوە ، واتە : ئایا ئێوە گومانتان وایە هەروا بەرەڵا بکرێن وە داوای جیهادو زەحمەتکێشانتان لێ نەکرێ وە هێشتا ئێوە لە رێگەی خودادا کارێکی واتان نەکردبی خودا پێی خۆش بێو جیهادێکتان نەکردبێ لەبەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەقداو علیمی خودا تەعەللوقی نەبەستبێ بـــە کردەوەیەکی وەهاوە شیاوی تەقدیر بێ ؟ وە بەو کەسانەوە کە ئەوەنـدە موخلیصنو ساغن لە خزمەتی دینا کە غەیری خوداو پێغەمەری خـــوداو موسوڵمانەکان کەسی نەکردبێ بە مەحرەمی ئەسراری خۆی بۆ ئەوە کە باسی حاڵی موسوڵمانەکان بگەیەنێ پێیـان وە لـە ئەسراری ناو ئیسلام ئاگادار بن ، وە بزانن کە خودا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن ٠

مەبەس لەم ئایەتە ئەمەیە کە پێویستە ئینسانی موسوڵمان جیهاد بکا لە رێگەی خودادا وە نەفسو ماڵیخۆی بە ساغی بکا بە قوربانی دین ، وە لەگەڵ ئەمەدا پێویستە زۆر وریاو مەردو بە ئیدارە بێ ، وە (ولیجە) دروست نەکا ، واتە نەبێ بە دۆستی بازێ ئینسانی دەغەڵ کە بە جاسووسی

دێن قسەی لێ وەرئەگرنو ئەسراری موسوڵمانان ئەدزن ، وە یاخود ئەم موسوڵمانانە خۆی ئەوەندە بۆشو ناساغو بێهۆش بێ بڕوا دۆستی بکا لەگەڵیانا وە ئەسراری موسوڵمانیان پێ بڵێت بەڵکو ئەمانە وەکو زۆڵەك وانو هەزار جیهاد بکەن نرخی پیازێکی نیە •

★ (ما كانَ لِلمُشْرِكينَ اَنْ يَعْمُروا مساجِدَ اللهِ شاهِدِينَ على اَنْفُسِهِمْ بِالْكُفْرِ اولئِكَ حَبِطَتْ اَعْمالُهُمْ وفي النّارِ هُمْ خالِدونَ) (١٧) ★

دروست نیەو ڕەوا نیە بۆ کافرە موشریکەکان کە مزگەوت دروست بکەن یان مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوەو خزمەتیان بکەن لەگەڵ ئەوەدا کە شەهادەت بدەن لەسەر نەفسی خۆیان بە کوفرو بیرو باوەڕی ئیشراکیان بێو کردەوەی کافرانە بکەن . ئەو جۆرە ئینسانانە مادام لەسەر ئەو حاڵە ناشیرینە بمرن ئەوە هەر کردەوەیەکی . بە دیمەن چاکیان ، کردبێ پووچو بێ نرخو بێ بایەخە وە لە ئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە •

★ (إنَّما يَعْمُرُ مَساجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللهِ واليَوْمِ الآخِرِ واَقامَ الصَّلوةَ وآتَى الزَّكاةَ ولَمْ يَخْشَ إلاّ اللهَ فَعَسى اولئِكَ اَنْ يَكونُوا مِنَ المُهْتَدِينَ) (١٨) ★

نەوەك ڕاستەو خاوەن قیمەتە کردنەوەی مزگەوتەکانی خودا مەگەر لەو کەسانەوە کە ئیمانیان هەیە بـە خودای تاقو تەنیا ، وە ئیمانیان هەیە بە ڕۆژی قیامەتی نەبڕاوە وە بە وەرگرتنی جەزای بیرو باوەڕو کردەوەی چاكو خراپ ، وە ئەو کەسانە کە دەوامیان کردوە لەسـەر بەجێهێنانی نوێژەکانیان ، وە ئەو کەسانە کە زەکاتی ماڵی خۆیانیان داوە بـە خاوەن

حەقەکانو لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا نەترسێ لە خودا نەبێو ئیمانو باوەڕی وەها بێ خێرو شەڕ هەر لە لای خوداوە ئەبێ .. جا ئەو کەسانە کە ئەم سیفەتانەیان تێدابێ هیوا وایە لەوانە بن شارەزا بن بـۆ ڕێگەی ڕەزای خوداو بۆ پیرۆزیو بەختەوەری هەردوو دونیا .

★ (اجَعَلْتُمْ سِقايَةَ الحاجِّ وعِمارَةَ المَسْجِدِ الحَرامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ وجاهَدَ في سَبِيلِ اللهِ ؟ لا يَسْتَوونَ عِنْدَ اللهِ ! واللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظّالِمِينَ) (١٩) ★

ئایا ئێوە قەراری ئەوەتان داوە کە ئاوەدان کردنەوەو دروستکردنی مزگەوتی حەرامو ئاودان بە حاجیانی ماڵی خودا وەکو بیرو باوەڕو کردەوەی چاكو غەزاکردنی ئەوانەیە کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام وە باوەڕی هەیە بە خوداو پێغەمەری خوداو جیهادی کردوە لە ڕێگەی بەرزەوەکردنی کەلیمەی تەوحیدا ؟ قەراری وەها مەدەن ؛ چونکە ئەم دوو تاقمە ئینسانە وەك یەك نین ، موسوڵمانەکان موهتەدینو جێگەی ڕێزن لای خـوداو ئەوانی تر ستەمکارنو خودا ستەمکاران شارەزا ناکا بۆ خێر .

ریوایەت کراوە : کاتێ کە حەزرەتی عەبباس گیرا بە دیل ، حەزرەتی حەمزەی مامی پێغەمەر (د) بازێ ناموناسبی لەگەڵدا کرد ، ئەویش وتی : ئێمە وەکو ئێوەینو خزمەتی کەعبەمان کردووەو ئاومان داوە بە حاجیان .. جا ئەم ئایەتە نازڵ بو بۆ ئەوە بزانن کە ئەو جۆرە خەڵکە لە پێش ئیسلاما فەرقیان لەگەڵ موسوڵماناندا وەکو بەینی عەرزو عاسمانە .

★ (الَّذِينَ آمَنُوا وهاجَرُوا وجاهَدُوا في سَبِيلِ اللهِ بِأَمْوالِهِمْ وأَنْفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِنْدَ اللهِ . واولَئِكَ هُمُ الفائِزُونَ) (٢٠) ★

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو کۆچیان کردوە لە مەکەوە بۆ مەدینەو ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتوەو جیهادیان کردوە لە ڕێگەی خودادا بە دارایی خۆیانو بە پێشکەشکردنی گیانی خۆیان ئەوانە زۆر گەورەترن لە پایەدا بەلای خوداوە . نەك هەر گەورەترن بەلکو هەر تەنیـــا ئەوانن سەرفرازو گەیشتوو بە کەرامەت لە لای خوداوە •

★ (يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُمْ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَرِضْوانٍ وَجَنَّاتٍ لَهُمْ فِيها نَعِيمٌ مُقِيمٌ) (٢١) ★

خودا موژدەیان ئەداتێ لە رۆژی قیامەتا . لەسەر زمانی فریشتەکان یا بە بانگی خۆی ود یا لە دنیادا لەسەر زمانی پێغەمەر (د) یا بە عیباراتی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەوە کە رەحمەتو نیعمەتو کەرەمی خۆی ئەگا پێیانو موژدەیان پێئەدا وەها بە چەن بەهەشتێ کە هەبە بۆ ئەوان لەو بەهەشتانەدا نیعمەتی دامەزراوی نەبڕاوە •

★ (خالِدِينَ فِيها أَبَداً) ★

کە ئەم موسوڵمانانە ئەمێننەوەو نەمرن لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە •

★ (إِنَّ اللهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ) (٢٢) ★

بە ڕاستی خودای تەعالا پاداشی گەورەو بە نرخی لە لایە بـــۆ ئەوانە •

★ (يا أَيُّهـا الَّذِينَ آمَنُـوا لا تَتَّخِـذُوا آباءَكُمْ وَإِخْوانَكُـمْ أَوْلِيـاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الكُفْـرَ عَلَى الإِيمـانِ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَأُولئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (٢٣) ★

ئەم ئایەتە لەو کاتەدا هاتە خوارەوە کە تۆ کەس لە عەرەبەکان کـە ئیمانیان هێنابوو پاشـگەز بوونەوەو لـە دین وەرگەڕانەوەو رۆیشتنەوە پالیان دا بە کافرەکانی مەکەوە وە ئەمە لە پێش فەتحی مەکەدا نازل بوە • وە خودا ئەفەرموێت هەرکەسێ ئیختیاری کوفر بکا بەسەر ئیمانا با باوكو برای خۆیشتان بێ ئەوانە ستەمکارن ، وە پێویستە تەرکیان بکەنو وازیان لێ بێننو دۆستییان لەگەڵدا مەکەنو پەیوەندیتان بیچڕێنن لەگەڵیانا •

وە بازێ فەرموویانە : ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە لـەو کاتەدا کە حەزرەت فەرمانی دا بە کۆچکردنی موسوڵمانەکان لە مەکەوە بۆ مەدینە ، جا لەو کاتەدا باوكو براو خزمەکانیان دەستیان ئەهێنایە رێگەیانو لێیان ئەپاڕانەوەو ئەیانوت : کۆچ مەکەن ؛ چونکی ئەگەر ئێوە لە مەکەدا نەمێنن ئێمە ژیوارمان نامێنێو تیجارەتو کاسبیمان بۆ ناکرێ ، جا ئایەتەکە هاتە خوارەوە بۆ باسی ئەوە کە پێویستە ئینسان مەسەلەی ئیسلامو کۆچکردن لەبەر خزمەتی ئیسلام بخاتە پێش هـەموو ئیعتیباراتێکی ترەوەو ، نابێ موسوڵمان موبالات بکا بەو براو باوكو منداڵو خزمو خوێشە لە کاتێکدا کە ئەمانە ببن بە مانیع لە خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام •

وە بازێ فەرموویانە : کە ئەم ئایەتەیش پەیوەندی هەیە بـە ئەوەڵی سوورەتەکەوە ، واتە کاتێ کە خودا ئیعلانی ئەوەی کرد ئەبێ موسوڵمانان بەری بن لـە کافرانو پەیمـانو پەیوەندییان پێکەوە نـەبێ ، بازێ لـە موسوڵمانەکان وتیان : چۆن ئەبێ بەم جۆرە پەیوەندی ببڕین لەگەڵ ئەوەدا کە گەلێ کارو فەرمانمان بەسراوە بە یەکەوە ، وە ئەوانە کە بەرائەتمان لێ داوا کردوون زۆر پەیوەندی خزمایەتیو ژیوارمان پێکەوەیە ؟ جا خودا فەرمووی : ئـەی موسوڵمانەکان ریعایەتی دینی ئیسلام وا لـە ژووری هەموو ئیعتیباراتێکەوەو موسوڵمانی ساغ پێویستە ئیسلام بکا بە ئامانجی خۆیو لە هەموو ئیعتیباراتێکی تر دوور بکەوێتەوە •

واتە : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام باوكو براكانی خۆتان مەگرن بە دۆستو هاوپەیوەند ئەگەر ئەوان ئیختیاری کوفریان کرد بەسەر ئیسلامدا وە هەرکەسێ لە ئێوە کە ئەوانە بکا بە دۆست ، لەو کاتەدا کە ئەوان کافرن . ئەوە بە راستی ئەمانە ستەم ئەکەن لە خۆیانو خۆیان ئەهاونە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

★ (قُلْ : إنْ كانَ اباؤُكُمْ وابْناؤُكُمْ وإخْوانُكُمْ وازْواجُكُمْ وعَشِيرَتُكُمْ وامْوالٌ اقْتَرفْتُمُوهَا وتِجارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسادَهَا ومَساكِنُ تَرْضَوْنَها احَبَّ إلَيْكُمْ مِنَ اللهِ ورَسولِهِ وجِهادٍ في سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللهُ بِأَمْرِهِ واللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الفاسِقِينَ) (٢٤) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرمو بەو موسوڵمانانە کە وان لـە نزیکتا : ئەگەر باوکەکانتانو کوڕەکانتانو براکانتانو ژنەکانتانو تیرەو قەبیلەکەتانو ئەو داراییو ماڵە کە پەیداتان کردوەو ئەو ماڵی تیجارەتە کە ترستان هەیە نەفرۆشرێو زیان بکاو ئەو خانوو بەرەیە کە دڵتان پێیـان رازیە •• ئەمانە خۆشەویسترن لە لای ئێوە لە خوداو پێغەمەری خوداو (د) غەزاکردن لە رێگەی خودادا •• دەی راوەستن هەتا خودا ئەو عوقووبەتەو ئەو ئازارە کە ئامادەی کردوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە بیارێنێ بەسەرتانا ، نەکەن قەت کارێکی وەها بێ بە هۆی هاتنی سزای خودا بۆ سەرتان ؛ چونکی ئەگەر حاڵتان وەهابێ بە فاسقو خاریج لە رێگە ئەژمێررێنو قەت ئیتر شارەزای رێگەی رزگاری نابن ؛ چونکی خودا هیدایەتی کۆمەڵەی فاسقەکان نادا .

★ (لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللهُ في مَواطِنَ كَثِيرَةٍ ويَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ اَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئاً وضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الاَرْضُ بِما رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ) (٢٥) ★

ئەی موسوڵمانەکان پێویستە ئێوه هەموو کاتێ فەرمانی خوداتان له هەموو شتێ زیاتر له لا به قیمەت بێ وه پێویستە ئێوه سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەوه که له کوفرو تاریکی گومڕاهی دەری‌کردن بۆ رووناکی ئیمان وه له بێدەستی بۆ دەستەڵات وه له چەن کاتا خودا یارمەتی دان وه لـه چەن رەزمگای ئاگریندا دەستی پێـــــوه گرتن‌و زاڵی کردن بەســـــەر دوژمنەکاندا ، وه به تایبەتی یارمەتی دان له رۆژی رووداوی (حونەین)دا لەو کاتەدا که زۆری ژمارەو زۆری چەك‌و مایه ئێوەی بایی کردو بڕیارتان وەها دا که کەس زاڵ نابێ بەسەرتانا ، کەچی ئەو زۆری ژمارەو داراییه به کاری هیچ نەهات‌و ئێوەی بێ ئیحتیاج نەکرد به هیچ جۆرێ‌و زەوی رووی دنیاتان ـ لەگەڵ ئەو گوشادی خۆیەدا ـ لێ تەنگ بـــو ، وه یا خـــاکی حونەینتان لەسەر تەنگ بو جێگەتان نەدەبووەوه تیایا لەگەڵ ئەو گوشادییەیا که بووی • وه پاش ئەو دڵتەنگیه پشتتان هەڵکردو راتان کرد •

★ (ثُمَّ اَنْزَلَ اللهُ سَكِينَتَهُ على رَسولِه وعلى المُؤْمِنينَ واَنْزَلَ جُنوداً لَمْ تَرَوْهَا) ★

له پاشان خودا خۆڕاگری‌و هێزی دڵی نازڵ‌کرد بۆ سەر پێغەمەری خۆی وه بۆ سەر موسوڵمانەکان وه سوپایەکی فریشتەی نارده خوارەوه که ئێوه ئەو سوپاتانه نەئەبینی •

★ (وعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَروا وذلِكَ جَزاءُ الكَافِرِينَ) (٢٦) ★

وە سزای ئەوانەی دا کە کافر بوون وە ئێوەی زاڵکرد بەسەریانا وە ماڵو دارایی‌و نەفسیان کەوتنە دەستان وە ئەو جەزایە شێوەی کافرانە •

★ (ثُمَّ يَتُوبُ اللهُ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ عَلى مَنْ يَشاءُ واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٢٧) ★

وە لە پاش ئەو کارەساتە خودا رەحمەتی خۆی لـە قاڵبی قەبووڵی تەوبەدا ئەرێژێ بەسەر ئەو کەسانەدا کە رایان کرد لە ئەووەڵی جەنگەوە وە بەسەر ئەوانەدا کە موسوڵمان بوون لە کافرەکان •

بزانن ! رووداوی حونەین بەم جۆرە بو : لە پاش ئەوە کە لە ساڵی هەشتی کۆچیدا حەزرەت فەتحی شاری مەکەی کرد لە مانگی رەمەزانی پیرۆزا . لە مەکە مایەوە هەتا پاش جەژن ، وە لە ئەوەڵی مانگی شەووالدا بیستی کە هۆزی (هوازن) کە مالیکی کوڕی عەوف سەرۆکیان بوو وە هۆزێکی زۆر گەورەو خاوەن دەست بو زۆر دڵگران بوون لەو فەتحی مەکەو تەگبیریان کرد بێن جەنگی پاڵەوانانـەو فیداکارانە بکەن لەگەڵ حەزرەتا . وە هەوازین‌و ثەقیف هەموو سوپایان رێكخست‌و بەرەو مەکە هاتن هەتا گەیشتن بە حونەین ـ کە شوێنێکە لە بـەینی طائیف‌و مەکەدا مەسافەی سێ مەنزڵ •

کـە حەزرەت ئەمەی بیست بۆیان دەرچوو لە مەکەی موکەڕەمە لـە رۆژی شەمەی شەشی مانگی شەوال بە سوپایەکی گەورەوە کە دوازدە هەزار کەس بوون لە موسوڵمانان دە هەزاریان ئەهلی شاری مەدینە بوون‌و دوو هەزاریان لەوانە بوون کە موسوڵمان بووبوون لە ئەهلی مەکە ، وە حەزرەت عوتابی کوڕی ئوسەیدی کرد بە عامیل لەسەر مەکە ، وە شەوی سێ‌شەمەی دەی شەوال گەیشتە حونەین‌و لەوێدا جێ‌گیر بو •

وە یەکێ لە سوپای موسوڵمانەکان هـــات بۆ ناویانو وتی : من دەرچووم لە ناوتاناو ڕۆیشتم بۆ ئەوە بزانم هەوازینو ثەقیف چەندێکنو چۆنن . کە تەماشام کرد هەوازین بە پیاوو ژنو منداڵوماڵیاتەوە ، لـــە وشترو مەڕو حەیوانات هەموو وان لە فلانە شوێنا لە حونەین ، حەزرەت (د) زەردەخەنەیێ گرتیو فەرمووی : هەموو ســـبەینێ بـــە غەنیمەتی موسوڵمانان ئەبن . لەوێدا پیاوێ وتی : ئێمە قەت مەغلووب نابین (واتە زۆرین) ، حەزرەت قســـەکەی پێ ناخۆش بو؛ چونکی بێنی ئەنانیەتی تێدا .

وە سبەینێ حەزرەت لە کاتی بەرەبەیانا دوو کراسی زرێی لەبەر کردو خوودەی کردە سەرو سواری هێسترە سپیەکەی بو کە ناوی (دوڵدوڵ) بو وە ڕووی کردە سوپای هەوازین ، کە ســوپای موسوڵمانان چــوە پێشەوە هەوازین لە هەموو شیوێكو لە هەموو دانەیەکەوە هێرشیان هێنا بۆ سەریان (مەکە ئەوان زوو خۆیان ئامادە کردوە) بە یەك جار هەڵمەتیان هێنا ، لەویا سوارەی بەنی سولەیم لە مەکەیی ڕایانکردو باقی ئەهلی مەکە بە شوێنیانا ڕایان کرد ، وە باقی سوپای مەدینەییەکانیش بە شوێنیانا ڕایان کرد بە ڕاکردنێکی بێ تفاق .

وە لەو کاتەدا لەگەڵ حەزرەتدا (د) نەمایەوە دە کەس نەبێ : عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیبو ، عــەلی کوڕی ئــەبو طالیبو ، فەضــلی کــوڕی عەباسو ئەبو سوفیانی کوڕی حاریثی کوڕی عەبدولموطەلیبو ، ئەبوبەکری صدیقو ، عومەری کوڕی خەطابو ، ئوسامەی کــوڕی زەیدی کــوڕی حاریثەو چەن کەسێ لە خزمانی حەزرەت . وە لە بازێ ڕیوایەتا هەشـــتا کەس لە موهاجیرینو ئەنصار لەگەڵ حەزرەتا مانەوە . عەباس لەو کاتەدا

لەغاوی هێسترەکەی گرتبو بۆ ئەوە کـە حەزرەت پەلە نـەکا بڕواتە ناو دوژمنەکانەوە ، وە ئەبو سوفیانی کوڕی حەرث وەرزەنگی هێسترەکەی گرتبو ، وە حەزرەت ئەیفەرمو : (انا النبي لاكذب ، انا ابن عبدالمطلب)وە کافرەکانیش تیریان رووبەڕوویان ئەهاویشت •

جا حەزرەت فەرمووی بە عەباس : مامە بانگ بکە بڵێ : (يا معشر الانصار يا اصحاب السمره) واتە : ئەی کۆمەڵی ئەنصاری مەدینەو ئەی ئەو کۆمەڵەی کە لە ژێر دار (سمره) لە واقیعەی (حودەیبیە)دا بەیعەتتان کرد لەو بەیعەتەی مەشهوور بە (بيعة الرضوان) ! ئەویش بانگی کردن ، جارێ ئەیوت (يا اصحاب السمره) وە جارێ (يا اصحاب سورة البقرة) لەبەر ئیشارەت بۆ ئایەتی (كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله والله مع الصابرين) وە عەباس دەنگی بەرزو تیژ بو دەنگی زۆر ئەڕۆیشت •

کاتێ عەباس وەها بانگی کردنو ئەصحابەکان دەنگەکەیان ئەناسی ، بە جارێ وتیان : (يا لبيك يا لبيك) بە جارێ گەڕانەوە بۆ لای حەزرەت بە پەلەپەل هەتا بازێ لەوانە ولاخەکانیان باش نەئەڕۆیشت خۆی لە ولاخەکە فڕە ئەداو رای ئەکرد ئەگەیشت بە حەزرەتو رژانە ناو هەوازینو جەنگ گەرم بو لەوێدا حەزرەت فەرمووی : (الآن حمى الوطيس) واتە : وا ئیستە تەنووری جەنگ گـەرم بو ؛ وە حـەزرەت مشتێ لـە خۆڵی ئـەو عەرزەی هەڵگرتو فڕەی دا بە رووی کافرەکاندا وەکو واقیعەی بەدرو فەرمووی (شاهت الوجوه) وە بازێ ئەڵێن حەزرەت ئەمەی لـە پێش گەڕانەوەی ئەصحابەکاندا کرد •

وە ئەوەندەی پێ نەچو خودای تەعالا نەصرەتی موسوڵمانەکانی داو هەوازینو ثەقیف هەموو پشتیان هەڵکرد ؛ هەرچی کوژرا کوژراو باقی

پیاوو ژنو ماڵو منداڵو حەیوانات هەمووی بەتاڵانو دیل گیران ، وە خودای تەعالا لەم جەنگەیشدا سوپایەکی لە مەلائیکە ناردە خوارەوە وەکـو فەرموویەتی : (وانزل جنـودا لم تروهـا) وە حەزرەت مەنعی ئەصحابەی کرد لە کوشتنی ژنو منداڵو پیاوی بەزۆر هێنراو ، وە باقی یا رایان کرد یا گیران یا کوژران وە ئـەم حەشامە کەوتـە دەسـتی ئەصحابەکان .

تەنانەت ریوایـەت کراوە : کە ئەبو عامیری ئەشعەری مامی ئەبو موسای ئەشعەری حەزرەت ناردی بە شوێن ئەوانەدا کە رایانکردبو لـە هەوازینو سەلمەی کوڕی ئەکوەعی لەگەڵا بو وە گەیشتن بە کۆمەڵێ لە هەوازین . ئەبو عامـیر نۆ کەسی لێ کوشتن بـە شێوەی موبارەزەو مەیدانداری ، پاش ئەوە کە بانگی ئەکردن بۆ دینی ئیسلام . وە ئەبو عامیر هەموو جارێ ئەیوت (اللهم اشهد علیه) لەوانە یەکێکیان وتی : (اللهم لا تشهد علی) وە دەرچو لە پاشا موسوڵمان بو بە ئیسلامیەتێکی زۆر ساغ ، وە حەزرەت (د) هـەر کاتێ چاوی پێی ئەکەوت ئەیفەرموو (هذا شرید ابی عامر) واتە ئەمە رایکرد لە دەستی ئەبو عامیرو رزگار بو . پاش ئەوە دوو کوڕی عەلاء کوڕی حەرثی کوڕی جەشم تـیریان هاویت بۆ ئەبو عامیرو شەهیدیان کرد . وە ئەبو عامیر لـە پێش مردنا ئەبو موسای ئەشعەری کە برازای خۆی بو کردی بە جێگەداری خۆیو سریەکە قەبووڵیان کردو ئەبو موسا جەنگی کرد هـەتا قاتڵەکانی ئەبو عامیری کوشتو سوپا راکردوەکەی هەوازینی پەرێشان کردو هـەرچی تاڵان لە لای ئەوانەدا بو ئەویشیانە هەموو گرت ، لە ناو ئـەو تاڵانـەدا شەیمای کچی حەرثی کوڕی (عبدالعزی)ی (سعدیە) خوشکی شیری حەزرەت بو ، وە لەم جەنگەدا نزیکەی حەفتا کەس لە کافرەکان کوژران ،

وە ئەم تالآنو دیلانەیان هاوردەوە بۆ لای حەزرەت (د) وە لـــە رێگەدا هەرچەن شەیماء ئەیوت : من خوشکی شیری گەورەکەتانم باوەڕیان پێ نەئەکرد هەتا هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت (د) ٠

لەوێ شەیماء عەرزی کرد : من خوشکی شیری تۆم بەو نیشانە : تۆ بە کۆڵمەوە بووی بە منداڵی گازێکت گرت لــــە ناوشانم ئیستەیش نیشانەی دیارە ، وە حەزرەت ناسیەوەو چاوی پڕ بو لە ئاوو سەجادەیەکی راخست بۆ شەیماء ، وە حەزرەت فەرمووی : ئەتەوێ لای من دابنیشی ئەوە ئیکرامت ئەگرم ، وە ئەتەوێ بگەڕێیتەوەو شتت بدەمێ هەر باشە ، ئەویش عەرزی کرد : ئەمەوێ بگەڕێمەوە ، وە لەوێدا شەیماء موسوڵمان بو ، وە حەزرەت عەبدێك‌و جاریەکی پێداو دوو وشترو بازێ مـەڕیشی پێداو ناردیەوە بۆ شوێنی خۆی ، وە جاریەکەی مارەکرد لە عەبدەکەو لە لای مانەوە هەتا شەیماء مرد ، هەروا شەیماء داوای عەفوی (بجاد) ناوی کرد کە کابرایەکی کافرو خراپ بو حەزرەت ئەویشی عەفو کرد ٠

وە ئەبو داودو ئەبو یەعلاو غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردوە کە : حەزرەت (د) لە (جعرانه) لە نزیکی شاری مەکەدا لە کاتێکدا ماڵی بەش ئەکردەوە ژنێکی بەدەویە هات بۆ لای حەزرەت کە دایکی شیری بـو ، یانی (حلیمەی سعدیە) دایکی شـەیماء ، وە حەزرەت رێزی لێ گرت ، مەعنای وایە لەو کاتەدا حەلیمە ماوەو لە ژیاندا بوە ٠

خۆم ئەڵێم : من لە سەفەری حەجدا کاتێ کە زیارەتی حەزرەتمان کرد رۆیشتین بۆ زیارەتی (جنة البقیع)و قەبری حەلیمەیان نیشان دام لە خواری قەبری حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفانەوە (خ) ٠

وە ریوایەت کراوە هەر لەم واقیعەدا گەلێ لـــە ئەشرافی هەوازین هاتن موسوڵمان بوونو رجای گێڕانەوەی دیلەکانو تالانەکەیان کرد لـە حەزرەت ئەویش فەرمووی : یا دیلەکان ، یا ماڵەکان ، ئەوانیش وتیان : دیلەکانمان ئەوێ ، جا حەزرەت خوطبەی خوێند بە نـاو ئەصحابەکانا ، ئەوانیش دیلەکانیان ئازاد کردو دایاننەوە پێیانو گەڕانەوە بۆ شـــوێنی خۆیان •

★ (یا اَیُّها الَّذینَ آمَنوا إنَّما المُشْرِكونَ نَجَس" فَلا یَقْرَبُوا المَسْجِدَ الحَرامَ بَعْدَ عامِهِمْ هذا ، وإنْ خِفْتُمْ عَیْلَةً فَسَوْفَ یُغْنیكُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ـ إنْ شاءَ ـ إنَّ اللهَ عَلیم" حَكیم") (٢٨) ★

ئەی کەسانێ کە ئیماتتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا ! بزانن کە ئەو کافرە موشریکانە ، ئەوانە کە هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن لـــە عیبادەتکردنا •• پیسن لە دڵا ؛ چونکی بیرو باوەڕی ناڕەوا وا لە دڵیانا ، پیسن لە لەشا ؛ لەبەر ئەوە کە گۆشتی پیس ئەخۆنو خواردەمەنی ناڕەوا ئەخۆن ؛ وە پیسن لە دەستو دەمو چاودا ؛ چونکی مادام ئایینێکی رێكو دیارییان نیە کە پیسو پاکیان بۆ جیا بکاتەوە بە زۆری پیسنو تەماشای پاکی دەستو دەمیان ناکەن ، مادام وەهایە نابێ لەم ساڵ بەدواوە نزیکی مزگەوتی حەرام بکەونەوە ، واتە دوای ئەو ساڵە کە سوورەتی بەرائەت هاتەخوارەوە تیایا کە ساڵی نۆی کۆچیە ، یاخود ئـەم ساڵی داهاتوە کە ساڵی دەی کۆچییەو (حجة الوداع)ە •

وە ئەگەر بە هۆی مەنعی ئەوانەوە لـە (مسجد الحرام) کە ماڵی کەعبەو مزگەوتەکانی دەوری ئەوە لەوە ئەترسن گەدا بکەون ؛ چونکی

ئەو پارەو ماڵە لەوانەوە دەستتان ئەکەوێ بـە هۆی تیجارەتو دیاریو دەستاوێژەوە نامێنێ •• بزانن کە خودا ـ ئەگەر بیەوێ ـ لەمـەولا بێ نیازتان ئەکا لەوان لە رێگەی رەواو خاوەن نرخەوە لــە غەنائیمو تالآنی جەنگو لە دەسکەوتی عالەمی ئیسلامو باقی تیجاراتو کەڵکی شەرعیەوە ئەگەر خواستی لەسەر بێ ، بە راستی خودای تەعالا زانایە بـە هەمـو رێگایەکی بێ نیازکردنی ئادەمیزادو خاوەن حیکمەتە لـە ئامادەکردنیا بۆ ئەو کەسە مەیلی لەسەر بێ •

عالمەکان لــە باسی نەجاسەتی موشریکدا چــەن بیرێکیان هەیە :

یەکەم : پیسن لەبەر جەنابەت ؛ چونکی غوسلی لەشپیسی دەرناکەن •

دووهەم : پیسن لەبەر پیسی بیرو باوەڕیان بۆیە زۆربەی ئیمامەکان فەرموویانە : هەر کافرێ موسوڵمان بو واجبە لە پاش (تلفظ) بـە دوو کەلیمەی شەهادەت بڕوا غوسڵ بکا بە نیەتی غوسلی دەرچوون لە کوفر بۆ ئیسلام • بەڵێ ئیمامی شافیعی فەرموویەتی : ئەو غوسڵە واجب نیـە بەڵکو موستەحەبە •

سێهەم : پیسن لەبەر ئەوە پارێز ناکەن لە شتی پیس •

وە لەسەر مەزهەبی ئیمامی مالیك دروست نیــە کافر بچێتە هیچ مزگەوتێکەوە نە مزگەوتی حەرام لە مەکەداو نە باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام ؛ چونکە عیلەت کە نەجاسەتی بــیرو باوەڕە مەوجوودەو باقی مزگەوتەکانیش جێگەی خوداناسینو موناسبی ئینسانی کافر نین • بەڵکو نابێ بچنە خاکی حەرەمی مەکە ، وە واجبە کە لە خاریجی حەرەمدا بمێنێ ، وە ئیمامی ئیسلام کەسێ بنێرێ بۆ لای قسەی لەگەڵا بکا •

وە ئیمامی ئەبو حەنیفە ئەفەرموێت : هەر موشریکین مەنع ئەکرێن لە چوونی مزگەوتی حەرام ئیتر باقی یەهوودو نەصارا مەنع ناکرێن نە لە (مسجد الحرام) نە لە باقی مزگەوتەکان •

وە ئیمامی شافیعی فەرموویە : هیچ کافرێ نارِواتە (مسجد الحرام) ؛ موشریك لەبەر نەصی ئایەتەکەو گاورو جوولەکەیش ـ ئەگەر غەیـــرە موشریك بن ـ بە قیاس لەسەر موشریکەکان ، بەڵام دروستە هەموو کافرێ برِواتە ناو باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام •

★ (قاتِلوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنونَ بِاللهِ ولا بِالْيَوْمِ الآخِرِ ، ولا يُحَرِّمونَ ما حَرَّمَ اللهُ ورَسولُهُ ، ولا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذينَ اوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وهُمْ صاغِرونَ) (٢٩) ★

واتە : جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئیمانیان نیە بە خوداو بە رۆژی قیامەتو لەسەر ئەو یاسا کە خودا فەرموویەتیو ئەوەی کە خوداو پێغەمەر حەرامی کردوە ئەوان بە حەرامی نازانِنو رەفتار ناکەن بـــە رەفتارێ کە موافیقی نیظامی خودایی بێ •• ئەمانە لەو تاقمانە کە کتێبی ئاسمانیان بۆ هاتوەتە خوار لە گاورو جوولەکە هەتا جیزیە ـ سەرانە ـتان ئەدەنێ دەســت بەدەستو حاڵیان وابێ کـە گەردنکەچو فەرمانبەرداری ئێوە بن •

مەزهەبی ئیمامی شافیعی (خ) وەهایە کە سەرانە لـە ئەهلی کیتاب وەرئەگیرێ ، واتە گاورو جـــوو ـ عەرەب یا عەجەم بن ـ هەروەها مەجووسیش سەرانەیان لێ وەرئەگیرێ لەسەر فەرموودەی حەزرەت کە فەرمووی : رەفتاریان لەگەڵدا بکەن وەکو ئەهلی کیتاب ، وە لە حەدیثێ

تردا فەرموویەتی : بەڵام ژنیان مارە مەکەن‌و ئەو حەیوانەی ئەوان سەری ئەبڕن گۆشتی مەخۆن •

کە وابێ ئەم سێ تاقمە ئەبێ یا : موسوڵمان بین ، وە یا جەنگ بکەن ، وە یا سەرانە بدەن ، بەڵام کافرە غەیرە کیتابیەکان یا ئیسلام یا جەنگ بۆ ئەوان هەیەو سەرانەیان لێ وەرناگیرێ • وە ئیمامی مالیك فەرموویەتی : جیزیە لە هەموو کافرێ وەرئەگیرێ : کیتابی یا غەیرە کیتابی . عەرەب یا غەیری عەرەب •

★ (وقالَتِ اليهودُ : عُزَيْرٌ ابْنُ اللهِ ، وقالَتِ النَّصارى : المَسِيحُ ابنُ اللهِ !) ★

بازێ لە جوولەکەکان ئەڵێن : عوزەیر کوڕی خودایەو . بازێ لە گاورەکانیش ئەڵێن : عیسای ـ مولەقەب بە (مسیح) لەبەر ئەوە کە سەیاحو جیهان‌گەرد بوە ـ کوڕی خوداو پێغەمەری ئەوە ! بناغەی ئەم گومانەیشیان بۆ عوزەیر لەسەر ئەوە بوە پاش ئەوە کە صەد ساڵ مردوە خودا زیندووی کردوەتەوەو تەوراتی لەبەر بوەو خوێندوویەتیەوە بۆ خەڵکەکە • وە گومانەکە بۆ عیسای مەسیح لەسەر ئەمە بوە کە باوکی نەبوە •

★ (ذلِكَ قَوْلُهُمْ بِأَفْواهِهِمْ) ★

وە ئەو قسە کە لەوانەوە ئەیبیسن قسەیەکە لە ناو خۆیانا باوەو بە دەم زمانیانا دێ‌و لەسەر بناغەی مارێفەت‌و زانیاری‌و بەڵگە نیە •

★ (يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ) ★

ئەم قسەی ئەمانە وێنەی قسەی گاورو جوولەکەکانی زەمانی پێشوە لەسەر ئەو گومانە کە باسمان کرد •

★ (قَاتَلَهُمُ اللهُ ! اَنَّى يُؤْفَكُونَ ؟) (٣٠) ★

خودا بیانکوژێ ! چلۆن ئەمانە دوور ئەخرێنەوە لە رێگەی راستەو روو ئەکەنە ناحەقو حەق ون ئەکەن ؟

★ (اتَّخَذُوا احْبَارَهُمْ ورُهْبَانَهُمْ ارْبَاباً مِنْ دونِ اللهِ والمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ) ★

ئەو جوولەکەو گاورانە زاناکانی خۆیانو عابیدە لە خوداترسەکانیانو مەسیح ـ عیسای کوڕی مەریەمیان ـ کردوە بە ئەربابو بە مەرجەع بۆ حەرامکردنو حەڵاڵکردنو دامەزراندنی ئەحکامی دین ، وە هەرچی ئەوان بیکەنو هەرچی ئەوان تەشریعی بکەنو دایبمەزرێنن ئەوە بە شەریعەت دائەنێنو بە نیسبەت بۆ عیسای کوڕی مەریەم بە کوڕی خودای دائەنێن ، کەچی ئەم نوعە پەیوەندە لەگەڵ ئەوانا هەڵەیەو نارەوایە ، وە حەق ئەوەیە کە ئینسان عیسای کوڕی مەریەم بە بەندەی خودا دابنێو بڕیاری ئەوە بدا کە بە بێ باوك خودا دروستی کردوە وەکو ئادەمی بەبێ باوكو دایك دروستکردوە ، وە هەر شەرعێ ئەو هێنای لە لای خوداوە لە ئینجیلدا هەمووی راستەو غەیری ئەم پایە پایەی تری نیە • وە بە نیسبەتی زاناکانەوە ئەگەر عالمی گەورە نەبن حەق وایە موبالات بە قسەو باسیان نەکرێو گوێ بە حەڵاڵکردنو حەرامکردنیان نەدرێ ئەوە نەبێ کە لە نەصی کەلامی ئینجیلە تەوراتا هەیە . وە ئەگەر عالمی گەورەیش

بن ئەبێ بە شێوەیێ کە موافیقی تەورات و ئینجیل بێ قسە بکەن و لـەو خەتە لانەدەن وە نەکرێن بە دەستووری تەواو بۆ هەموو شەرعێ ، وە ئەبو لەسەر موژدەی ئینجیل ئیسانیان بهێنایە بە حەزرەت (د) •

★ (وما اُمِرُوا إلاَّ لِيَعْبُدُوا إلهاً واحِداً لا إلهَ إلاَّ هُوَ سُبْحانَهُ عَمّا يُشْرِكونَ) (٣١) ★

وەلحاڵ ئەمر نەکراوەو فەرمان نەدراوە بەو جوولەکەو گاورانە بەوە نەبێ کە دوورە لـە هەموو عەیب و نوقسانێ و دوورە لـە وەرگرتنی ئەو شەریکانە کە ئەوان بڕیارو ئیعتیباریان پێ داون وە ئیمان بێنن بە پێغەمەری ئاخر زەمان حەزرەتی محمد (د) •

★ (يُرِيدُونَ اَنْ يُطْفِئُوا نورَ اللهِ بِاَفْواهِهِمْ) ★

ئەو کافرانە خواستیان وەهایـــە کە ریسالەتی محەمەدی عەرەبی و چرای ئیرشادی ئەو بکووژێننەوە بە دەمی خۆیان . واتــە بــە ئینکاری زمانی و دەربڕینی بێ باوەڕی ؛ وە یا بە قسەو باسی بێ بناغەو بەتاڵ •

★ (وَيَأْبَى اللهُ إلاَّ اَنْ يُتِمَّ نُورَهُ) ★

وە خودایش هیچی ناوێ ئەوە نەبێ کە ئەم نوورە ڕەســا بکاو بیگەیەنێ بە جیهاناو هەمووی ڕووناك بکاتەوە •

★ (وَلَوْ كَرِهَ الكافِرونَ) (٣٢) ★

هەرچەن کافرەکان حەز بەوە نەکەن وە بیانەوێ کە نەگا بە جیهانا •

★ (هُوَ الَّذي اَرْسَلَ رسولَهُ بِالهُدى ودِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلى الدِّينِ كُلِّهِ ولَوْ كَرِهَ المُشْرِكونَ) (٣٣) ★

خودا خودایەکی وەهایە کە پێغەمەری خۆی ناردوە لەگەڵ هیدایەت‌و شارەزاکردنی هۆشیاران بۆ ڕێگەی ڕاست‌و بۆ کردەوەی موافیق بۆ واقیع بۆ ئەوە کە ئەو پێغەمەرە یا دینەکەی دەر بخا لە عالەم وە زاڵی بکا بەسەر هەموو دینێکدا هەرچەند موشریکەکان پێیان خۆش نەبێ •

★ (يا اَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ اَمْوَالَ النَّاسِ بِالبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام ! بزانن گەلێ لە زانایانی گاورو جوولەکەو لە عابیدە لە خوداترسەکانیان بە گومانی خۆیان بە ڕاستی دارایی خەڵك وەرئەگرن بە یاسایەکی ناڕەواو بێ سوود وە مەنعی خەڵك ئەکەن لەوە کە بکەونە سەر ڕێگەی ڕاستی خودا داناو کە ئیسلامە •

★ (وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ اَلِيمٍ) (٣٤) ★

وە بزانن ئەو دارایی خەڵکەیش کە وەری‌ئەگرن لەوان دەستیان تێی ناچێ کە لەگەڵ خەڵکدا بیخۆن ؛ وە سەرفی ناکەن لە ڕێگەی خزمەتی ڕاستیدا وە ئەوانەیش کە حاڵیان وایە وە ماڵی دەستکەوتوویان بە حەق سەرف ناکەن وە ئەو ئاڵتوون‌و زیوە کە لە لایانە گردی ئەکەنەوە وە ئەیکەن بە خەزێنە لە صندووق‌و گەنجینەو بانگدا دائەنێن وە حەقی خودای لێ نادەن وە زەکاتەکەی دەرناکەن لە ڕێگەی ڕەزای خودادا ئەوە موژدەیان بدەرێ بە سزایەکی نابارو دشوار •

★ (يَوْمَ يُحْمى عَلَيْها في نارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوى بِها جِباهُهُمْ وجُنُوبُهُمْ وظُهُورهُمْ هَذا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا ما كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ) (٣٥) ★

ئەو سزا ناباریانە لە رۆژیکدایە کە ئەو ئاڵتوونو زیویانە سوور ئەکرێتەوە لە ئاگری دۆزەخاو ناوچاوانو تەنیشتو پشتیانی پێداخ ئەکرێ وە فریشتەی عەزاب پێیان ئەڵێت : ئەم مادە سوورەوەکراوە کە ئێوەی پێ داخ ئەکرێ ئەوماڵەیە کە ئێوە گردتان کردبووەوە بۆ خۆتان ، دەی بچەژن تۆڵەی ئەوەی کە گردتان‌کردبووەوە •

ئەم ئایەتە توندە کە هەڕەشەیە لە لایەنی خوداوە هەرچەند بۆ سەر زاناو عابیدە بەرچاوەکانی جوولەکەو گاورەکانە بەڵام لە مەعنادا بۆ هەموو دەوڵەمەندێکە کە ماڵێکی زۆر گردبکاتەوەو سەرفی نەکا لە رێگەی خودادا ، بەڵام مەبەس لە سەرفی لە رێگەی خودادا ، ئەمەیە کە زەکاتی شەرعی لێ دەربکا نەك هەمووی سەرف بکا لە رێگەی خودادا بە دەلیلی ئەوە کاتێ کە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە موسوڵمانەکان زۆر دڵگران بوون وە حەزرەتی عومەری کوڕی خەطاب (خ) ئەم باسەی گێڕاوە بۆ حەزرەت (د) لەویا ئەویش فەرمووی : (ان الله لم يفرض الزكاة الا ليطيب بها ما بقي من أموالكم) واتە بە راستی خودای تەعالا زەکاتی ماڵی لەبەر ئەوە واجب کردوە لەسەر ئێوە کە باقی ماڵەکەتانی پێ پاك بکاتەوە ، وە هەم فەرموویەتی : (ما ادى زكاته فليس بكنز) هەر ماڵێ کە زەکاتی لێ لێ دەربکرێ ئیتر ئەوە بەر ماڵی خەزێنەکراو ناکەوێ ، وە زیاد لەمانە گەلێ دەوڵەمەندی پارەداری زۆر بوە لە ئەصحابەکان کە حەزرەت (د) غەیری زەکاتی شەرعی داوای هیچی لێ نەکردوون وە ئەگەر شتێکیان لەسەر واجب بوایە داوای لێ ئەکردن •

★ (إِنَّ عِدَّةَ الشُّهورِ عِنْدَ اللهِ اثْنا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتابِ اللهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّموات والأَرْضَ مِنْها أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ؛ ذلِكَ الدِّينُ القَيِّمُ ، فَلا تَظْلِموا فِيهِنَّ أَنْفُسَكُمْ ، وقاتِلوا المُشْرِكينَ كافَّةً كَما يُقاتِلونَكُمْ كافَّةً ، واعْلَموا أَنَّ اللهَ مَعَ المُتَّقِينَ) (٣٦) ★

واتە بە راستی ژمارەی مانگەکان لە بڕیاری خودادا دوازدەن ، لەو ڕۆژەوە کە خودا ئاسمانو زەوی دروستکردوەو ڕۆژو مانگی کردوە بە هۆی جوانی جیهانو شەوو ڕۆژی پێ دروستکردوون ، چوار مانگ لەو دوازدە خاوەن قیمەتو خاوەن نرخنو جەنگو ئاشووبی لەوانا زۆرتر حەرام کردوەو لە تاوانی مانگەکانی تری قورستر کردوە • وە ئەمە یاسای دینی ڕاستە ، کە وایە لەم مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەنو تاوانبار مەبن ، وە جەنگ بکەن لەگەڵ کافرەکانا هەموویان وەکو چۆن ئەوان جەنگ ئەکەن لەگەڵ ئێوەدا بە شێوەی گشتی ، وە بزانن کە خودا بە ڕەزامەندیو یارمەتی لەگەڵ ئەوانەدایە کە خۆیان لە تاوانو نافەرمانی خودا ئەپارێزن •

★ (إِنَّما النَّسِيءُ زِيادَةٌ فِي الكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَروا يُحِلّونَهُ عاماً وَيُحَرِّمونَهُ عاماً لِيُواطِئوا عِدَّةَ ما حَرَّمَ اللهُ فَيُحِلّوا ما حَرَّمَ اللهُ ، زُيِّنَ لَهُمْ سوءُ أَعْمالِهِمْ واللهُ لا يَهْدِي القَوْمَ الكافِرِينَ) (٣٧) ★

واتە بە راستی پاشخستنی مانگێ لەو مانگانە کە حەرامن ـ واتە جەنگ لەوانەدا حەرامە ـ بۆ وەختی مانگێ تر ؛ مەڵا (ذو القعده) ببەیتە شوێنی (ذو الحجة)و (ذو الحجه) ببەیتە شوێنی (محرم)و (محرم) ببەیتە جێگەی (صفر)و (رجب) بخەیتە شوێنی مانگی (شعبان) ئەم

کردەوە زیادە پایەیە لە کوفرا ، بێجگە لەو کوفرە کە موشریکەکان هەیانە ئەم گۆڕینی یاسای خودایەو ئەم پاشخستنی مانگە حەرامانە زیــادە کوفرێکی ترە کافرە موشریکەکانی زیاتر لە پێشو پێ گومڕا ئەکرێ •

جا ئەوان چییان ئەکرد ؟ بەڵێ ئەوانەیان ئەکرد کە خودا فەرموویەتی ئەو مانگە حەرامە وەکو موحەڕەم بێ مەثەلا لە ساڵێکدا حەلاّلیان ئەکردو جەنگ‌و داوایان تێدا دەکردو مانگێ تریان لە باتی ئەو مانگە حەرام ئەکرد ، وە لە ساڵێکدا ئەو مانگە کە زوو حەلاّلیان کردبو حەرامیان ئەکرد بــــە گوێرەی موناســەبەی قازانجی ژیانی خۆیان بۆ ئــەوە بــە ناو لەســەر موافەقەی چوار مانگە حەرامەقەدیمەکە بڕۆن ، واتە بــە ناو پێیانڵ ئەوتن مانگی حەرام وە لە راستیدا لەو چوارە نەبوون ، وە بەم شێوە ئەو مانگانە کە خودا حەرامی کردبوون حەلاّلیان ئەکردن، وە بۆیان جوان‌کرابو لە لایەنی شەیتانی ئیبلیسەوە ناشیرینی کردەوەی خۆیان وە گومڕا بووبوون وە لە واقیعــا ئــەوانە کافر بوون وە خودا هیدایەتی قــەومی کافری وەهــا بێ شوعوور نادا •

بزانن ! لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتانە داخلی ئەو ژمارە ئایەتانەن کە لــە ســوورەتی تەوبەدا نازڵ بوون ، وە حەزرەتی عەلی لە ساڵی نۆی کۆچیدا بە فەرمانی حەزرەت (د) خوێندیەوە بە سەر ئەهلی حەجدا •

دوەم : لــە کاتێکەوە خــودا ئاســـمان‌و زەوی‌و رۆژو مانگی دروست‌کردوەو شــەوو رۆژی داناوە لــە دەرکەوتن‌و ون‌بوونی رۆژەوە ساڵی مانگی وا داناوە دوازدە جار مانگ تازە بێتەوەو دەورەی خــۆی تەواو بکا ، وە ساڵی رۆژیشی وا داناوە کە لە هەر نوختەیەکەوە رۆژ هەڵ

بێ بڕواو بێتەوە بۆ ئەو نوختەیە ، بەم یاسا ساڵی مانگ بریتیە لە سێصەدو پەنجاو پێنج رۆژ ، وە ساڵی رۆژ بریتیە لە سێصەدو شەصتو پێنج رۆژو چواریەکە رۆژێ •

وە لەبەر ئەوە کە مانگ زووزوو تازە ئەبێتەوە وە گۆڕانی شێوەکەی وا لە پێش چاواو هەموو کەس ئەیزانێ •• حسێب بۆ موعامەلەو ئادابی دینو غەیری ئەمانە لەسەر ساڵی مانگ دانراوەو بەتایبەتی ئەم یاسا لـە دینی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیلو حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕیا زۆر بایەخی پێدراوە وە لە دینی ئەوانا لە هەر دوازدە مانگدا چوار مانگی حورمەتیان گیراوەو جەنگو ئاشوویان تێدا حەرام کراوە ، وە ئەو چوار مـانگە سیانیان بە شوێن یەکا دێن ؛ (ذی القعدة)و (ذی الحجة)و (محرم) وە مانگێکیان تەنیایە کە مانگی (رجب الله)یە • وە ئادابی ئیحرام بەستنو حەجکردن دەستی پێکردوە لە مانگی شەوالەوەو لە سیازدەهەمی مانگی (ذی الحجه)دا نیهایەتی هاتوەو تەواو کراوە •

جا لەبەر ئەوە کە مانگی (ذی الحجه)و رەفیقەکانی لەسەر حسێبی ساڵی دوازدە مانگە ئەگۆڕێنو جار بەجار ئەوانە ئەکەونە بەهارو جاربەجار ئەکەونە زستان یا پایز یا هاوین ، وە بەم یاسـا کاتەکان ئەگۆڕان وە مەصلەحەتی عەرەبەکان لە تیجارەتو باقی کاری تراو لە عیبادەتکردنا بە ئارەزووی ئەوان جێبەجێ نەدەبو •• هاتن دەستیان برد بۆ ئەم یاسایەو گۆڕییانو روسووماتی دینو مانگە بە حورمەتەکانیان خستە سەر حسێبی ساڵی رۆژی ، وە لەبەر ئەوە کە ساڵی رۆژی دە رۆژو چارەکێکی لە ساڵی مانگ زیاترە هەر لە چەن ساڵێکدا مانگێکیان زیاد ئەکردو ساڵی مانگیان ئەکرد بە سیازدە مانگ وە ئەم جۆرە تەسەڕوفە خودا لە قورئانی پیرۆزا ناوی

برد بە (نسیء) چونکە ئەگەر (نسیء) بە مانای تەئخیرو پاشخستن بگرین مەوسیمی حەجو مانگە حەرامەکان لە کاتی خۆیان پاش ئەکەوتن ، وە ئەگەر (نسیء) بە مانا زیادکردن بگرین ئەوە لەم تەصەڕوفاتەدا جاربەجار ساڵی مانگی ئەبو بە سیازدە مانگ ، وە ئەم لەفزە لە زمانی عەرەبا بە هەردو ماناکە هاتوە ٠

بە هەرحاڵ کافرەکان خۆیان (ذاتەن) کوفری بە مانا ئیشراکیان هەبو وە بەم کردەوەیش کوفرەکەیان زیاد بو یانی بازە شتێکی وا کە ئیمان قەبوولی ناکاو کوفر هەڵی ئەگرێ بە جێیان هێنا ، وە خودا لۆمەی کردنو فەرمووی : ئەم کارە کارێکی ناهەموارو ناپەسەندە ٠

سێهەم : ئەمەیە لە ساڵی نۆی کۆچیدا کە حەزرەتی (ابو بکر) (میرحەج) بو مانگی (ذی القعده) بووبوو بە کاتی حەجی عەرەبو لە ساڵی دەی کۆچیدا کە حەزرەت (د) حەجی کرد مەوسیمی حەج کەوتە مانگی (ذی الحجه)وە بە یاسای دینی حەزرەتی ئیبراهیم ٠ وە خودای تەعالا ئەم وەزعەی نیشانی حەزرەت دا (د) بۆیە لە خوطبە گرنگەکەی ساڵی (حجة الوداع)دا فەرمووی : (ان الزمان استدار كهيئته يوم خلق الله السموات والارض : السنة اثنا عشر شهرا منها اربعة حرم ؛ ثلاث متواليات ذو القعده ، وذو الحجة والمحرم ، ورجب مضر الذي بين جمادي وشعبان ٠ رواه الثلاثة) ٠

واتە : حەزرەت (د) فەرمووی : زەمان هەڵسووڕایەوە وەکو سابیق وە کەوتەوە سەر ئەو شێوە کە خودای تەعالا ئاسمانو زەوی دروستکردوەو شەوو ڕۆژی داناوە (واتە لەسەر حسێبی ئەوانە کە دەستیان دا لە مانگەکان وە مانگەکان ئەگۆڕانو لایان ئەدا لە شوێنی

خۆیان‌و تەهاتنەوە شوێنی خۆیان) ئیمسـاڵ ساڵێکە کە ئـەو مانگانە کەوتوونەتەوە شـوێنی خۆیان‌و مانگی (ذی الحجە) بوە بـە مانگی راستەقینەی بەجێهێنانی ئادابی حەج ، وە لە ئەمڕۆ بەولاوە هەتا هەتایە ئێوە لەسەر حسێبی مانگ‌و ساڵی (قەمەری) مانگی ئادابی حەجی خۆتان بەجێ بێنن • (والحمد الله علی ذلك) •

بێداربن ! لەبەر ئەوە کە قەبیلـەی (مضر) زۆر حورمەتی مانگی رەجەبیان ئەگرت لەم حەدیثەدا حەزرەت (د) ئیزافەی رەجەبی کرد بۆ لای (مضر) فەرمووی (ورجب مضر) ئەگەرنا مانگی رەجەب یەکێکە لـە مانگـە بـە حورمەتـەکان بـە نیسـبەتی هـەموو موسوڵمانانەوە بێ جیاوازی •

چوارەم : کۆمەڵی ئیمامانی دین لەسەر ئەو بیرەن کە ئەو چوار مانگە بەحورمەتە حورمەتەکەیان نەسخ‌کراوەتەوە لە جیهەتی جەنگکردن لەگەڵ کافرانا بە دەلیلی ئەوە لە ساڵی فەتحی مەکەدا پێغەمەر (د) نەئەڕۆیشتە سەر شاری (طائف) وە ماوەیەکی زۆر هەتا کەوتە مانگی ذی القعدە لـەو شوێنەدا مایەوە ئەوسا تەشریفی گەڕایـــەوە • وە کەمێ لـــە زانـاکان فەرموویانە : نەخەیر ئەو حورمەتە نەسخ نەبوەتەوە وە ئەو جەنگە وە یا ئەو حەصارە کە حەزرەت کردی بـە دەوری (طائف)دا لـــە مەقامی مودافەعەدا بو ؛ چونکی قەبایلی عەرەب لەو کاتەدا بە دەوری طائیفداو لە طائیف خۆیدا ئامادە بوون بۆ جەنگکردن لەگەڵ حەزرەتا (د) • ئەگەرنا لە خۆوە دروست نیە بۆ موسوڵمانان لەم چـوار مانگەدا جـــەنگ لەگەڵ کافرانا •

فەرموودەی خودا (یا ایها الذین آمنوا ما لکم ۰۰۰)

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە کاتی غەزای (تەبووك)دا وە هۆی ئەم غەزا ـ وەکو ئیبن‌و سەعدو غەیری ئەو ریوایەتیان کردوە ـ ئەمەیە : هەواڵ گەیشت بە حەزرەت (د) کە رۆم سوپایەکی زۆری گردکردوەتەوەو تیرەکانی (لخم)و (جذام)و غەیری ئەوانیشی بانگ‌کردوەو سوپایەکی گەورە پێکەوە نراوە کە نزیکی (٤٠) چل هەزار جەنگکەر حازرەو ، پێشڕەویان گەیشتوەتە خاکی (بلقاء)و ئەمە لە مانگی رەجەبدا بو لە ساڵی نۆی کۆچیداو وەرز وەرزی هاوین بوو هەوا زۆر گەرم بوو خەڵکیش لە کاتی قاتی‌و کەم نانیـــدا بوون‌و میوەو بەری مەدینەیش گەیشتبوو ؛ لەبەر ئەوە حەزرەت (د) بە خیلافی جارانی تر ئەوەی روون کردەوە کە بۆ کوێ دەچێ بۆ جەنگ ، تا ئەو کەسانە کە دێن خۆیان ئامادە بکەن‌و لە پاشا نەڵێن ئێمە نەمانزانی بۆ کوێ ئەڕۆین‌و خۆمان ئامادە نەکرد .

بە کورتی ئەم غەزایە زۆر گران بـو لەســــەر نەفس‌و جێگەی ئیمتیحان‌و بەراوردی ئیمان بو ، وە لەم کاتەدا هەل بوو بۆ منافقەکان کە پەرێشانی بهاونە ناو ئەصحابەکانەوەو ئەیانوت : (لا تنفروا في الحر) : لەم کاتە گەرمەدا مەڕۆنە دەر ، وە بازێکی تر ئەیانوت بـە حەزرەت : ئیزنمان بدەو مەمانخەرە ناو فیتنەوە ، وەڵڵا ئێمە بەرابەر بە ژنە رۆمیەوە خۆمان ناگرین ! وە حەزرەت ئیزنی ئەو بازەی دا کە نەیـەن بۆ ئـەو سەفەرە .

وە لـە لایـەکی ترەوە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سـەلوول لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوبیری خۆیدا لــــە قەراخی مەدینــــەدا سوپاکەی

گردکردبوەوە ، وە کاتێ کە حەزرەت لە مەدینە دەرچو ، ئەو گەڕایەوە بۆ مەدینە وتیان : وەختمان موناسبی دەرچوون نیە •

بەڵام حەزرەت (د) عەزمی جەزم کردبو وە موسوڵمانەکان لە هەموو لایەکەوە گردەوە بوون لە حەزرەت (د)وە ئەویش تەرغیبی دەوڵەمەندەکانی دا لەسەر سەرفی ماڵ بۆ ئەو جەنگە وە گەلێ لەوان ئەوەی بۆی رێکەوت هێنای ، وە حەزرەتی عوثمان سێصەد وشتری بە جلو رەشمەو هەوسارەوە لەگەڵ هەزار دینارا پێشکەشی حەزرەتی کرد ، وە حەزرەت فەرمووی : (لا یضر عثمان ما فعل بعد هذا) وە لە ریوایەتێکدا (ما علی عثمان بعد الیوم شيء) • وە عومەری کوڕی خەتاب وتی : ئەمڕۆ من ئەکەومە پێش ئەبوبەکرەوە نیوەی هەموو دارایی خۆی هێنا بۆ خزمەتی پێغەمەر ـدـ وە حەزرەت فەرمووی : ئەی عومەر چیت بۆ خۆت هێشتوەتەوە ؟ عەرزی کرد : ئەوەندەی ئەمە کە هێناومە ئەوەندەیشی پێ نەچو حەزرەتی ئەبوبەکر هەرچی پارەی بو هێنای بۆخزمەتی پێغەمەر ـدـ وە حەزرەت پرسیاری لێ کرد : چیت بەجێ هێشتوە بۆ خۆتان ؟ عەرزی کرد : خوداو پێغەمەری خودا • جا عومەر فەرمووی : من قەت پێش تۆ ناکەوم •

وە کۆمەڵێ لە پیاوانی صەحابە ـ کە مەشهوورن بە بکائون ـ هاتنە خزمەتی حەزرەت داوای ولاخی سواریان لێکرد کە بۆ ئەو غەزا سواری بین ، وە حەزرەت فەرمووی : هیچ ولاخی وام نیە سواری بین ، ئەوانیش گەڕانەوەو فرمێسك لە چاویان ئەباری چونکە ولاخیان دەست نەکەوتو لەو جەنگەبێ بەش بوون •

دوای ئەمانە حەزرەت لەگەڵ نزیکی (٣٠)سی هەزار پیاوی بەکاری جەنگیدا رێکەوت بەرەو تەبووكو لەوێدا چەن کەسێ لە ئەصحابەکان بە

بێ ئەوە کە شتێ لـە شوبهەو نیفاق لـە دڵیانا ببێ دواکەوتن لەو سەفەرە لەوانە (کەعبی کوڕی مالیك) و (مەرارەی کوڕی رەبیع)و (هیلالی کوڕی ئومەییە)و (ئەبو خەیثەمە) ئەم پیاوانە موسوڵمانی راست بوونو هیچ جۆرە گومانێ لە ئیمانیانا نەبو ، ئەبو خەیثەمە لـــە دواییدا هـــەر رۆیشتو گەیشت بە حەزرەت •

تەبەرانی ئەڵێ : ئەبو خەیثەمە چەن رۆژ پاش سەفەرەکەی حەزرەت ـدـ لە رۆژێکی گەرما لە دەرەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە تەماشای کرد ـ دوو ژنی هەبو ـ هەردوو وان لە ناو کەپرا لە ناو باخاو دەورو بەری خـــۆیان ئاوڕشێن کردوەو ئاوی ساردو خواردەمەنی جوانیان ئامادە کردوە بۆی ... کە تەماشای ژنەکانو ئـەو شوێنە خۆشەو ئـەو ئاوو خواردەمەنیە جوانەی کردو بیری ئەوەی کردەوە کە حەزرەت ـدـ وا لە رێگەی گەرماو لە بەر هەتاوا • وتی : بە خودا ئەمە ئینصاف نیە من لەم خۆشیەداو حەزرەت لەو زەحمەتو گەرمادا بێ ، وەڵڵاهی من ناڕۆمە ماڵی خۆم هەتا ئەگەم بە حەزردت ـدـ وە هەستا سوار بو کەوتە شوێنی حەزردت هەتا گەیشتە (تەبووك) کاتێ کە نزیك بودوە لە ئەصحاب ، ئەصحابەکان وتیان : ئەی پێغەمەری خوا وا سوارێ هات لـە ئەبو خەیثەمە ئەچێ کـە هاتەبەرەوە وشترەکەی یەخداو هات بۆ لای حەزرەت ـدـ حەزردت فەرمووی : ئەم حاڵە باشترە بۆ تۆ لەوە لە جێگەی خۆتا بوویتایێ ، خەیثەمەیش باسەکەی بۆ حەزرەت گێڕاوەو حەزردت دۆعای خێری بۆ کرد •

موسوڵمانەکان لـەم سەفەرەدا زۆر زەحمەتیان پێگەیشتو جـاری وابو ئەوەندە تینوویان بوو لە وشترەکانیان سەرئەبڕی بۆ ئەوە کە ئاوی ورگی وشترەکان بخۆنەوە ! وە هەر لەو سەفەرەدا رۆژێ زۆر برسییان

بو عەرزی حەزرەتیان کرد : با وشترەکان سەربڕینو گۆشتەکەیان بخۆین حەزرەت فەرمووی : باشە ، وە حەزرەتی عومەر عەرزی کرد : ئەگەر ئەمە ببێ بە یاسا وشترەکان کەم ئەبنەوەو ئەوانیش ناتوانن بە پیادە بگەڕێن • تەگبیر ئەمەیە ئـەمر بفەرمووی هەرکەسێ هـەرچی خواردەمەنی هـەیە هەمووی حازر بکەنو گردی بکەنەوە لە شوێنێکداو تۆیش دۆعا بکەی بەرەکەتی تێبکەوێ ، وە حەزرەت فەرمانی دا کە هەرچی هەبو هێنایانو کۆمەڵیان کرد وە حەزرەت دۆعای کرد بە بەرەکەت بۆ ئەو خواردەمەنیە ، جا هەموویان لەوێدا نەخواردو توێشەبەرەی خۆیان لێپڕ کردو هێشتا زیادەی مایەوە • لەوێدا حەزرەت فەرمووی : (اشهد ان لا اله الا الله واشهد اني رسول الله) •

ئەلحاصڵ کاتێ سوپای حەزرەت گەیشتە شوێنی جەنگ تەماشایان کرد کەس دیار نیە ، تمەز هەموو ئەو کەسانە کە ئامادە بوون بۆ جەنگ بە بیستنی هاتنی سوپای ئیسلام بلاوەیان کردوەو لەو مەرزو بوومەدا نەماون •

وە لـەو سەردەمەدا (یوحنە) حاکمی (ئەیلە) هـات بۆ خزمەتی پێغەمەر ـدـ وە حەزرەت صوڵحی لەگەڵدا کرد لەسەر ئەوە (جیزیە) بدا بـە پێغەمەر • هـەروا ئەهلی (جرباء)و (اذرح) هاتن ئەوانیش سەرانەیان دا بـە حەزرەتو حەزرەت نامەی صوڵحی پێـدان لەسـەر سـەرانە •

وە حەزرەت ـدـ لەم سەفەرەدا لەگەڵ ئەصحابەکانیا دایان بە لای (حجر)دا کە ماوای قەومی (ثەموود) بوو وە ئەمری پێ فەرموون کە مەڕۆن بۆ ناو ئەو شوێنە کە وەختی خۆی ثەموودی تێدا بوە ، نەکا

لەو غەزەبە هاتوە بۆ سەر ئەوان بێت بۆ ئەمانیش ـ مەگەر بـە حاڵی دڵنەرمیو گریانەوە ـ وە حەزرەت سەری خۆی داپۆشیو پەلەپەلی کرد لە دەرچوون لەو ماوادا •

پاش ئەمانە حەزرەت بە سەلامەتی لەگەڵ ئەصحابەکانیا گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە . وە کاتێ کە مەدینەیان دی فەرمووی : (هذه طابة ، وهذا جبل أحد يحبنا ونحبه) وەفەرمووی بە یارانی : (ان بالمدينة أقواما ما سرتم مسيرا ، ولا قطعتم واديا الا كانوا معكم ، قالوا : يا رسول الله وهم بالمدينة ؟ قال : وهم بالمدينة حبسهم العذر) •

فەرمووی : لە مەدینەدا تاقمێ هەن ئێوە هەر شوێنێ گەڕابن ئەوان لەگەڵتانا بوون لە پاداشدا ، ئەوانیش عەرزیان کرد : لەگەڵ ئەوەدا کە لە مەدینەدا بوون ؟ فەرمووی : بەڵێ عوزر مەنعی کردبوون لە هاتنیان لە گەڵتانا . واتە : حەیوانی سوارییان نەبو •

حەزرەت لە مانگی رەمەزانا گەیشتەوە مەدینە ، واتە دوو مانگیان پێ چوو •

جا کاتێ حەزرەت چوە ناو شاری مەدینە لە پێش هەموو شتێکدا رۆیشـتە مزگەوتو دوو رکات نوێژی تێـدا کرد ، جـا دانیشت بۆ چاوپێکەوتنی خەڵكو خەڵك هاتن سەلامیان لێکرد ، وە ئەوانەیش کە پاش کەوتن لەو سەفەرەو نەهاتبوون لەگەڵیا •• هاتن عوزریان هێنایەوەو حەزرەت عوزرەکانی قەبووڵکردن ، ئەمانە هەشتاو ئەوەندە کەس بوون ، بەڵێ قەبووڵی تەوبەی کەعبی کوڕی مالیكو رەفیقەکانی پاش خست هەتا ئایەت هاتە خوارەوە بـە قەبوولکردنی تەوبەیان جـا ئەوانیش تەوبەیان قەبووڵکرا •

جا خودای تەعالا فەرمووی :

★ (يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنوا ما لَكُمْ إذا قِيلَ لَكُمُ : انْفِروا في سَبِيلِ اللهِ اثّاقَلْتُمْ إلى الاَرْضِ ؟) ★

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا ! ئەوە چیتان دەست ئەکەوێ کاتێ لە لایەنی پێغەمەری خوداوە پێتان بوترێ : دەرچن بۆ جیهاد لە رێگەی خودادا بۆ تەبووك خۆتان قورس و گران ئەگرن و خۆتان ئەلکێنین بە عەرزەوەو تەمەڵی نیشان ئەدەن ؟

★ (اَرَضِيتُمْ بِالحيوةِ الدُّنْيا مِنَ الآخِرَةِ ؟) ★

ئایا ئێوە رازی بوون بە ژیانی ئەم دنیایە کە ئەبڕێتەوە لە باتی ژیانی قیامەت کە نابڕێتەوە ؟

★ (فَما مَتاعُ الحَيوةِ الدُّنْيا في الآخِرَةِ إلاَّ قَلِيلٌ) (٣٨) ★

تام و لەزەتی ژیانی دنیا بە نیسبەتی ژیانی قیامەتەوە شتێکی کەم و لەزەتێکی بێ دەوامە ٠

★ (إلاَّ تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذاباً اَلِيماً ويَسْتَبْدِلْ قَوْماً غَيْرَكُمْ ، ولا تضرُّوه شَيْئاً ، واللهُ عَلى كُلِّ شَيْئٍ قَدِيرٌ) (٣٩) ★

ئەگەر ئێوە نەڕۆنە دەرەوە بۆ ئەو جیهادە کە حەزرەت ئەمری پێ فەرموە لەسەر ئەمری خودای تەعالا ٠٠ خودا سزاتان ئەدا بە سزایەکی دشوار ، وەکو ناساغی گشتی ، یا قاتی و وشکەساڵی یا هێرشی دوژمنان بەسەرتانا ٠٠٠ وە لە پاش فەوتاندنی ئێوە لە باتی ئێوە کۆمەڵێکی موسوڵمانی راساڵ دێنێتە پێشەوە ، وەکو ئەهلی یەمەن یا غەیری ئەوان ،

وە لە عەینی کاتا ئێوە بەو نافەرمانیە زیان لە خودا نادەن ؛ چونکی خودا تەوانایی هەیە بەسەر کردنی هەموو شتێکدا وە ئەتوانێ ئێوە لەناوبەرێ لەگەڵ دوژمنانی دینا وە حەزرەتو دینی ئیسلام بەرز بکاتەوە •

★ (إلاَّ تَنْصُروهُ فَقَدْ نَصَرهُ اللهُ إذْ اَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَروا ثانيَ اثْنَيْنِ إذْ هُمَا في الغَارِ ، إذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ : لاَ تَحْزَنْ إنَّ اللهَ مَعَنَا ! فاَنْزَلَ اللهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وأيَّدَهُ بِجِنودٍ لَمْ تَرَوْها ، وجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَروا السُّفْلى ، وكَلِمَةُ اللهِ هِيَ العُلْيا واللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٤٠) ★

ئەگەر ئێوە یارمەتی حەزرەتی محەمەد (د) نەدەنو نەچن بۆ غەزای تەبووکو جیهاد نەکەن لە رێگەی خودادا •• بزانن خودا یارمەتی ئەدا لەم غەزاداو لەوە بەدوایشەوە وەکو چۆن لەمەوپێش یارمەتی دا لەو کاتەدا کە کافرەکانی قورەیش کاری وەهایان کرد بوون بە هۆی ئەوە کە دەریان کرد لە شاری مەکە ، وە حاڵی وەها بو یەکێ بوو لە دوو کەس نە سوپای موهاجیرینو نە ئەنصاری لەگەڵدا نەبو بەڵکو تەنیا دوو کەس بوون لەو کاتەدا کە لە ناو ئەشکەوتەکەی کێوی (ثەور) ا بوو لە لای راستی ـ یەکێ لە مەکەوە بڕوانێ بۆ شیمال ـ بە مەسافەی سەعاتە رێگەیێ • وە لەو کاتەدا کە ئەبوبەکری هاورێی چاوی کەوت بە کافرەکان کە هاتبوون بە شوێنیاناو نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکە بوونەوەو بیمی پەیداکرد لەوە کە پێێ بیانگرنو بیانکوژن ، وە حەزرەت بۆ دڵدانەوەی ئەبوبەکر فەرمووی : دڵگران مەبە بە راستی خودا وا لەگەڵمانا بە یارمەتیو پارێزان ، جا خودای تەعالا ئارامی دڵی ناردە خوارەوە بۆ سەر دڵی بە جۆرێ وەها واتەکانی دڵی ئەبوبەکریشیان ئەستوور کرد • وە کافرەکان پاش ئەوە

نزیك بوونەوە لە دەرگای ئەشکەوتەکە تەماشایان کرد نیشانەی چۆڵیو بێئاودانییان هاتە بەرچاوو شوێنەکەیان بەجێهێشت • وە خودا باڵی پێدا بە هۆی سوپایەکەوە کە ئێوە بە چاو نەتانبینیون ، واتە بە فریشتەی پیرۆز کە لە دەوری ئەشکەوتەکەدا پارازتوویانن لە مارو هارو دڕندەو دوژمنی نابار ، وە یا پاش دەرچوونی لە ئەشکەوتەکەو گەیشتنی بـــە مەدینـــەی مونەووەرە دەستی پێدا ؛ چونکی هەر کەسێ لە ئەهلی مەکە شتێکی وای لابوایێ کە لێی بترسایێ ئەیبرد بۆ لای ئەو دایئەنا لەبەر ئـەو راستیو ئەمانەتە کە بووی •

وە ئەبوبەکر ئەمری کرد بە عەبدوڵلای کوڕی کە ئەگەر باسێکی موهیم ببوایە ئاگاداریان بکات ، وە ئەمری کرد بـــە عامـیری کوڕی (فهیره) کە بە رۆژا مەڕەکانی بلەوەڕێنێو ئێواران بیانهێنێ بـۆ لای ئەشکەوتی (ثور) بۆ ئەوە بازێ شیریان بۆ ببا ، وە ئەمریشی کرد بـــە ئەسمای کچی هەموو رۆژێ بە پەنامەکی هەر خواردەمەنیەك هەبێ بۆیان بێنێ لە ئێوارەدا ، هەتا لەویا بن •

ئیمامی ئەحمـــەد ئەڵێ : کاتێ ئەبوبەکر لەگەڵ حـەزرەتا دەرچو بۆ ئەشکەوتی ثەور هەرچی نەختینەی هەبو کە عیبارەت بو لە پێنج هەزار یا شەش هەزار درەم هەڵیگرتو لەگەڵ خۆیا بردی •

ئەسماء ئەڵێ : هەر لەو شەوەدا کە باوکم دەرچو (ابو قحافه)ی باپیرم هات بۆ لامان کاتێ ئاگادار بو لە دەرچوونی باوکم وتی : ئەترسم تووشی ئازاری کردبنو هەموو ماڵەکەی بردبێ • منیش عەزرم کرد : نە بابـــەگەورە خێری زۆری بۆبەجێهێشـــتووین ، بردم بۆ ســـەر شـــوێنی پارەکەمانو بازێ بەردم خستە ئەو شوێنەو دامپۆشیو دەستیم خســـتە

سه‌ر شوێنه پاره‌که‌و وتم : ئه‌مه هه‌مووی پاره‌یه لێره‌دا ماوه‌ته‌وه ، ئه‌ویش کوێر بو باوه‌ڕی به قسه‌که‌م کردو هاته ده‌ره‌ودو وتی : مادام وایه قه‌ی ناکا با بڕوا ئێوه بۆ خۆتان ئه‌ژین •

وه هه‌ر له‌و شه‌وه‌دا باوکم له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تا رۆیشتن بۆ ئه‌شکه‌وتی ثه‌ور کافره‌کان هاتن بۆ ده‌رگای ماڵی حه‌زره‌ت چاوه‌ڕوانی هه‌لیان ئه‌کرد بۆ ئه‌وه بیکوژن ، به‌ڵام حه‌زره‌ت (د) له‌و کاتـــه‌دا ده‌رچووبو خـــودا به‌رچاوی کافره‌کانی تاریك کردبو نه‌یان‌دیبوو وه کاتێ ئه‌ڕۆنه ماڵه‌وه بۆ سه‌ر جێگه‌ی نوستنه‌که‌ی ته‌ماشا ئه‌که‌ن هه‌ر ته‌نیا عه‌لی له‌ویایه •

وه ئه‌و شه‌وه که حه‌زره‌ت ده‌رچو بۆ ئه‌شکه‌وته که (علی الراجح) شه‌وی دووهه‌می مانگی (ربیع الاول) بو رێکه‌وتی (٢٠) بیستی ئه‌یلوول له سالی شه‌شصه‌دو بیستو دووی میلادیدا ، پاش ئه‌وه که سیازده ساڵ له به‌عثه‌تی پێغه‌مه‌ر (د) رابورد • کاتێ گه‌یشتن به نزیکی ئه‌شکه‌وته‌که ئه‌بوبه‌کر له پێشدا رۆیشته ژووره‌وه گه‌ڕا به نـــاو ئه‌شکه‌وته‌که‌دا بزانێ درِنده‌یێ مارێ ئازارێ شتێکی تێـــدایه پاکی بکاتـــه‌وه ، وه حه‌زره‌تیش رۆیشته ماڵه‌وه‌و سێ شه‌و له‌و ئه‌شکه‌وته‌دا مانه‌وه ، وه عه‌بدوڵلای کوڕی ئه‌بوبه‌کر هه‌موو شه‌وێ ئه‌ڕۆیشت بۆ لایان‌و ئاگاداری ئه‌کردن له ئه‌خباری مه‌که‌و نزیکی به‌یان ده‌رئه‌چو ئه‌ڕۆیشته‌وه بۆ مـــاڵ ، وه عامیری کوڕی (فهیره) هه‌موو ئێواره‌یێ رانه‌که‌ی ئه‌برد بۆ نزیکی ئه‌شکه‌وته‌که‌و شیری بۆ ئه‌بردن‌و رانه‌که‌ی به‌سه‌ر شوێن‌پێی عه‌بدوڵلادا ئه‌بردو شـــوێنه‌که‌ی کوێرئه‌کرده‌وه ، وه له‌م غاره‌دا بوو مار دای به قاچی حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌کره‌وه له کاتێکدا پێی دانابو له‌سه‌ر کونێ له ترسی ئه‌وه نه‌ك شتێ بێته ده‌ره‌وه‌و بدات به حه‌زره‌ته‌وه •

وە کافرەکانیش پاش ئـەوە ئاگادار بوون لـە دەرچوونی حەزرەت دەستیان کرد بە گەڕان بە ڕێگەکانا لە ئەطرافی مەکەدا لە هـەر شوێنی گومانی ئەوەیان ئەبرد کە بەو ڕێگەدا ڕۆیشتبن ، هـەتا گەیشتنە نزیکی ئەو ئەشکەوتەو دەنگی پێیان ئەهات ، لەو دەمەدا ئەبوبەکر ترساو بـە پەنامەکی عەرزی حەزرەتی کرد : ئەگەر ئیستە یەکێ لەوان بڕوانێ بۆ ژێر پێی خۆی چاوی بە ئێمە ئەکەوێ ، حەزرەت لە وەلاما فەرمووی : (یا ابا بکر ما ظنك باثنین الله ثالثهما ؟) •

وە خودای تەعالا چاوی ئەو کافرانەی تاریك کرد لە دەرکی ناوی ئەشکەوتەکە ، وە باوە کە هێـــلانە کۆترێکیان لـــە نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکەدا بینی هێلکەی تێدا بو وە لـــە دەرگای ئەشکەوتەکەدا پەردەی تەنراوی جۆلایی‌کەرەیان بینی ، ئەوانیش ئەم شتانەیان کرد بـە دەلیل لەسەر ئەوە ئەو ئەشکەوتە چۆلەو شوێنەکەیان بەجێ‌هێشت‌و خودای تەعالا ئەوانی پارازت •

کاتێ کە دنیا ئارام بوو گومانیان برد ئیتر ناگەڕێن بـە شوێنیانا عەبدوڵلای کوڕی (ارقط) کە لە موشریکەکان بوو وە کاتی خۆی وادە لە بەینیانا بو وە بە کرێیان گرتبو بۆ ئەوە کە بیێ بە دەلیلیان لەو ڕێگەدا هات بۆ لایان‌و لە ئەشکەوتەکە دەرچوون وە بە ڕێگەی قەراخی دەریادا لە خوارەوە ڕێگەی مەدینەیان گرتە بەر بـە ڕێنومایی عەبدوڵلای کوڕی (ارقط) •

وە لە ڕۆژێ لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێ لە بەنی (مدلج) لە مەجلیسدا بوون ، وە سەراقەی کوڕی خەثعەم لە ناویانا بو تەماشای کرد پیاوێ هات بۆ ناویان وتی : کۆمەڵێ خەڵکم دی لە ڕێگەی قەراخی دەریاوە ئەڕۆیشتن

گومانم وایە کە محەمەدو هاوڕێکانی بن ، وە سەراقە تێگەیشت ئەوانن بەلاَم ویستی سەرکوێریان بکا ، وتی : بابە تۆ فلاَنو فلاَنت چاو پێکەوتوە کە لەبەر چاوی ئێمەوە رۆیشتن ، ئەمە لە کوێو محەمەدو رەفیقانی لە کوێ ؟ بەهەر حاڵ خەڵکەکەی لەو گومانە دوورخستەوە بەلاَم خۆی ئەیزانی ئەوانن •

پاش ماوەیێ لەو مەجلیسە هەستاو رۆیشت سوار بو وە کەوتە شوێنیان هەتا لێیان نزیك کەوتەوە لەوێدا چوارپەلی ئەسپەکەی داچوو بە عەرزاو لە ئەسپەکەی داکەوتو سوار بوەوەو رۆیشت هەتا دەنگی حەزرەتی بیست کە قورئانی ئەخوێندو لای نەدەکردەوە بەلاَم ئەبوبەکر زۆر لای ئەکردەوە دووبارە چوار پەلی ئەسپەکەی داچو بە عەرزا هەتا ئەژنۆکانو سەراقە داکەوتەوە لە ئەسپەکەی ، جا دەنگی داو ئەسپەکەی هەستایەوە ، بەلاَم لە ژێرپێو دەستی ئەو ئەسپەوە تۆزێکی وەکو دووکەڵ دەرچوو بەرزەوە بوو بۆ ئاسمانو سەراقە حاڵی بوو کە ناتوانێ دەسیان بۆ ببا ، وە ترسێکی گەورە کەوتە دڵیەوەو ، حەزرەت راوەستا هەتا سەراقە گەیشت پێیانو عوزری هێنایەوەو داوای کرد کە داوای لێخۆشبوونی بۆ بکا لە خودای تەعالاو بازێ نانو خواردەمەنی پێشکەش کردن ، حەزرەت فەرمووی : پێویستیمان بە خواردەمەنی نیە ، بەلاَم باسمان مەکە ئەویش بڕیاری ئەوەی دا •

وە مەشهوورە لە سیرەتا کە حەزرەت (د) موژدەی دا بە سەراقە کە سوپای ئەو (مەدائین)ی کیسرا ئەگرنو بەرگی تایبەتی کیسرا بۆ تۆیە •

بە هەر حاڵ حەزرەت (د) وەکو مەشهوورە بە چەن مەنزڵێ گەیشتە (قباء)و خەڵکی قوباء هەموو پێشوازییان کردو حەزرەت لە ماڵی

(کلثوم) کوڕی (هدم) دابەزیو ماوەیێ لە قوباء مایەوە ، وە لەو ماوەدا حەزرەتی عەلی لە مەکەوە هات بە شوێنیا پاش ئەوە کە ئەمانەتەکانی دایەوە بە خاوەنیان • وە حەزرەت (د) لە قوبادا مزگەوتێکی کردەوەو جومعەی تێدا کرد ، وە ئەم مزگەوتە یەکەم مزگەوتێکە کراوەتەوە لە پاش (کعبة الله) لە حیجازا وە ئەو نوێژی جومعـــە یەکەم نوێژێکی جومعە بــوە کە بەجێهێنراوە لە حیجازا ، وە لە شانی ئەم مزگەوتەدا نازڵ بوە (لمسجد أسس على التقوى من أول يوم أحق ان تقوم فيه) •

پاش ئەمانە تەشریفی ڕێکەوت بـــۆ مەدینەی مونەووەرەو داخڵی مەدینە بو لە دوازدەی مانگی (ربيع الاول)دا ، وەکو مەسعوود لــــە (مروج الذهب)دا وتوویە •

وە ئەنصاری ئەهلی مەدینە هاتن بە پێشوازیەوەو هەر کەس ڕەشۆی وڵاخەکەی ئەگرت بۆ ئەوە لە ماڵی ئەوان دابەزێ ، ئەویش ئەیفەرموو : وازی لێ بێنن خۆی مەئموورە لە کوێدا بنوێت ، هەروا ڕۆیشت هــەتا گەیشت بە جێگەی خەرمانی خورما (واتە شوێنێ خورمای تێدا وشــك ئەکرێتەوە) لە نزیکی ماڵی ئەبو ئەییووبی ئەنصاریدا (خ) لەوێدا وشترەکە نوستو حەزرەت فەرمووی : (هنا المنزل ان شاء الله) •

جا ئەبو ئەیووب هات شتو مەکەکانی هەڵگرتو بردی بۆ ماڵەوەو لەوێدا دامەزرا •

وە پێشوازیکەران بە نەشید ئەیانخوێندەوە :

(طلع البدر علينا من ثنيات الوداع   وجب الشكر علينا ما دعا لله داع)

وە بازێ لە جاریەکانی (بنی النجار) بۆ خۆشی بەم جۆرە نەشیدیان ئەخوێندەوە :

(نحن جوار من بني النجار   يا حبذا محمد من جار)

ئه‌ویش فه‌رمووی : حه‌ز ئه‌كه‌ن جوابتان بده‌مه‌وه ؟ وتیان : به‌ڵێ ، فه‌رمووی : خودا ئه‌زانێ به دڵ خۆشم ئه‌وێن •

★ (انْفِرُوا خِفافاً وثِقالاً) : ★

ئه‌ی موسوڵمانانی دڵپاك ده‌رچن به گشتی بۆ ته‌بووك بۆ جیهادی رۆمیه‌كان ، خواه له‌شتان سووك بێ یا قورس ، خێزانو منداڵتان كه‌م بێ یا زۆر ، عه‌لاقه‌ی زیواری دنیاتان كه‌م بێ یا زۆر •

★ (وجاهِدُوا بِأَمْوالِكُمْ وأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللهِ) ★

وه كۆششو جیهاد بكه‌ن له رێگه‌ی خودادا به به‌ختكردنی دارایی‌و گیانی خۆتان •

★ (ذلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ) (٤١) ★

ئه‌م جیهاده گه‌لێ چاكتره بۆ ئێوه بۆ دینو دنیاتان ئه‌گه‌ر بزانن له ئه‌نجامی كاره‌كانی خۆتانو خوداتان : بۆ دنیا سه‌ربه‌رزی‌و بۆ قیامه‌ت سه‌رفرازی گه‌لێ باشتره له ملكه‌چی‌و خاوه‌ن نیازی •

★ (لَوْ كانَ عَرَضاً قَرِيباً وسَفَراً قاصِداً لاتَّبَعُوكَ ، ولكِنْ بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ) ★

ئه‌گه‌ر ئه‌مه كه تۆ ئه‌و خه‌ڵكه‌ی بۆ بانگ ئه‌كه‌ی قازانجو ماڵێكی دنیایی وا بوایێ به ئاسانی ده‌ست بكه‌وتایێ بۆیان هه‌موویان شوێنت ئه‌كه‌وتن ، به‌ڵام زۆر دووره له‌سه‌ر ئه‌وانو گرانه له‌سه‌ر دڵیان برینی ئه‌و مه‌سافه كه به ناره‌حه‌تی نه‌بێ نابرێ •

★ (وسَيَحْلِفُونَ بِاللهِ : لَوِ اسْتَطَعْنا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ) ★

وە بە هەموو هێزێ سوێند ئەخۆن بە خـــودا بۆ ئێوەو ئەڵێن : ئەگەر بماتتوانیایێ ئەو سەفەرە لەگەڵتانا دەرئەچووین بۆ غەزا •

★ (يُهْلِكُونَ اَنْفُسَهُمْ واللهُ يَعْلَمُ إنَّهُمْ لَكاذِبونَ) (٤٢) ★

نەفسی خۆیان ئەهاونە سزاوە بـەو سوێندە درۆیانە کە ئەیخۆن ، وە خودای تەعالا ئەزانێ بە راستی ئەوانە لەم سوێنەدا درۆ ئەکەن •

★ (عَفَا اللهُ عَنْكَ لِمَ اَذِنْتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وتَعْلَمَ الكاذِبِينَ) (٤٣) ★

ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی ئەو منافقانە کە هـــاتن عوزریان ئەهێناوە لە دەرچوونیان بۆ غەزای تەبوکو ئەیانوت بێ تفاقینو کارو کاسبیمان پەرێشانە ئیزنمان بدە با لـەم سەفەرەدا نەیەین لەگەڵتانا ، وە حەزرەتیش ئیزنی پێدانو مانەوە • جا خودا ئەفەرموێت : خودا عەفووت بکا ، ئەگەر ئیزنیشت پێنەدانایە هەر نەدەهاتن • دەی بۆچی ئیزنت پێدان تا ئەو ئیزنە ببێ بە بەهانەی مانەوەیان ؟ وە ئیزنت پێ نەدانایە باش بو با لەسەر ئارەزووی خۆیان لەماڵەوە بمانایەتەوە وە ئەوسا دەرئەکەوت بۆ تۆ بـە فامی گشـتی ئـەوانە کـە راستنو راسـاڵو خاوەن ئیخلاصنو جیائەبوونەوە لە درۆزنەکانو درۆزنەکانت ئەناسی بە شێوەیەکی وا کە کەس شوبهەی نەمێنێ لە درۆزنی ئەوانا •

★ (لا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ اَنْ يُجَاهِدُوا بِاَمْوالِهِمْ واَنْفُسِهِمْ واللهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ) (٤٤) ★

لەو کاتەدا کە فەرمان ئەدەی بە دەرچوون بۆ جیهاد داوای ئیزن ناکا لە تۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە رۆژی قیامەت لە بۆ جیهادکردن بە ماڵو نەفسی خۆیان لە رێگەی خودا ، چونکی ئەزانن ئەگەر جیهادەکە پێویست نەبێ خودا ئەمری پێ ناکا ، وە ئەو کەسەیش کە خاوەن ئیمانە ئەزانێ ئەو جیهادکردنە هەلە بۆ ئەوە بگا بە پیرۆزی دنیاو قیامەت • وە خودا زانایە بەوانە کە لە خودا ئەترسن •

★ (إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ) (٤٥) ★

نەوەك داوای ئیزنت لێ دەکەن بۆ دەرنەچوون لە بۆ تەبووك ئیللا ئەو کەسانە کە ئیمانیان نیە بە خوداو بە رۆژی پاشەڕۆژ ، وە دڵیان وا لە ناو شوبهەو دوودڵیدا جا ئەوانە هەمیشە لە ناو ئەو نەخۆشینەدا هاتوچۆ ئەکەنو لە داڵغە دەرناچن •

★ (وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً) ★

ئەمانە ئەگەر خواستیان لەسەر دەرچوون بوایە بۆ تەبووك ئەوەی پێویستی سەفەر بێ زوو ئامادەیان ئەکرد •

★ (وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ : اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ) (٤٦) ★

بەڵام خودا زانا بو بە دڵیانو بە بیری تاریکیان وە بەوە کە دەرچوونیان زیان بوو بۆتان لەبەر ئەمانە حەزی نەکرد بە هەستانیان بۆ ئەو سەفەرەو دای کوتانەوە لە شوێنی خۆیاناو پێیانوترا : دانیشن لەگەڵ دانیشتوانا •

★ (لو خَرَجُوا فِيكُمْ ما زادُوكُمْ إلاَّ خَبَالاً ، ولاَوْضَعُوا خِلاَلَكُمْ ، يَبْغُونَكُمُ الفِتْنَةَ ، وفِيكُمْ سَمَّاعونَ لَهُمْ واللهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ) (٤٧) ★

سوپاسی خودا بکەن کە نەهاتن لەگەڵتانا ئەگەر دەرچوونایێ لە ناو ئێوەدا هیچیان بۆ زیاد نەدەکردن سستیو تەمەڵیو بێ عەزمی نەبێو پەرێشانییان ئەخستە ناوتان ؛ چونکی هەمیشە ئەوانە ئەیانەوێ ئێوە بێ پایەو مایە بنو حەز لە جیایی دڵتان ئەکەن بۆ ئێوە بە قسەی پڕو پاڵاتەوە لە ناو ئێوەیشا چەن کەسێ وا بوون کە لەبەر سادەدڵی گوێیان بۆ ئەوان ئەگرت ، وە خودایش زانایە بە ستەمکاران لە ئێوەو لەوان •

★ (لَقَدِ ابْتَغَوُا الفِتْنَةَ مِنْ قَبْلُ وقَلَّبوا لَكَ الاُمورَ حَتَّى جاءَ الحَقُّ وظَهَرَ امْرُ اللهِ وهُمْ كارِهونَ) (٤٨) ★

ئەم منافقانە هەر لەمەوپێش لە هەموو کاتێکدا ، بە تایبەتی لە جەنگی ئوحودا ، حەزیان لە فیتنەی پەرێشانیو پاشکەوتن هەبوو بۆ ئێوە ، وە چەن ئیشیان هەڵگێڕایەوە • واتە چەن فڕو فێڵیان بۆ دۆزینەوە ، وە یا چەن راستییان گۆڕیو چەن درۆیان کرد بە راستو راستیان کرد بە درۆو چەن دیعایەیان لەسەر کردن ، هەتا ئەوەی خودا بڕیاری دابو ئەبێ وەکو نەصرەتی ئێوە هاتە جێ ، وە مەبەستی خودا یا ئەوەی فەرمانی پێدابو وەکو بەرزەوەبوونی ئیسلام بێ دەرکەوت وەلحاڵ ئەوان زۆریان پێ ناخۆش بو •

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يَقولُ : ائْذَنْ لِي ولاَ تَفْتِنِّي ! ألاَ في الفِتْنَةِ سَقَطُوا ، وإنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالكَافِرِينَ) (٤٩) ★

وە بازێ لەو منافقانە دێن بۆ لاتو پێت ئەڵێن : ئیزنم بدە با لە ماڵی خۆما بمێنمەوەو مەمهاوەرە ناو فیتنەو پەرێشانی دڵ یا ئارەزووی نەفس لە هۆی ژنانەوە ، یا پەرێشانی ماڵ بە هۆی زیانەوە ، بەڵام ئاگادار بە ئەمانە کە ئەم وتارە ئەڵێن خۆیان کەوتوونەتە ناو پەرێشانیەکانەوەو ئەو پەرێشانی ئەوانە کە کوفرو نیفاقە لە هەموو پەرێشانیەکان بەدترە ، وە بە راستی دۆزەخ داگرە بۆ کافرەکانو هەرگیز لە دائیرەی ئەو دەرناچن •

★ (إِنْ تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ ، وَإِنْ تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا : قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِنْ قَبْلُ وَيَتَوَلَّوْا وَهُمْ فَرِحُونَ) (٥٠) ★

ئـەم منافقانە دوژمنی تۆنو یاسای دوژمن هەیە لەوانا بـەم شێوە ئەگەر چاکەیێو رووداوێکی بە سوود روو بدا بۆ تۆو بۆ ئوممەتەکەت دڵیان تاریك ئەکـاو بێ ئاسایشیان ئـەکا ، وە ئەگـەر مسیبەتو بەڵاو مەینەتێ پێت بگات ئەڵێن : بە راستی ئێمە تەدبیری خۆمان کرد لە پێشاو نەڕۆیشتین بۆ ئەو جەنگەو لەو بەڵا دوور بووین ، وە یاخود ئەڵێن : ئێمە ئەو تەدبیرەی کە ئەوان کردیان بە هەڵەمان زانیو لە جێگەی کۆبوونەوەو وتووێژ کردنەکـەیان هەڵئەستنو پشتی تێ ئەکـەنو ئەڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیانو وەلحاڵ شادمانن •

★ (قُلْ : لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) (٥١) ★

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست پێیان بڵێ : ئێمـە بـەم مسیبەتانە چاومان ناترسێ ، چونکی ئێمە ئیمانو باوەڕمان هەیە بە قەراری قەطعی

کە ئاگا بە ئێمە ئیللا ئەو شتە کە خودا نووسیویەتی بۆمان ، خودا گەورەی ئێمەیەو فەرمانڕەوایە لەسەر عالەم ، وە خودا یاریدەدەرو دۆستمانە ، هەر ئازارێکمان بدا سوودی تیایە بۆمان لە هەردوو جیهانا ، وە ئەوانە کە خاوەن ئیمانن ئەبێ هەر پاڵ بە میهرەبانی خوداوە بدەن‌و هەموو سوودو زیانێ لەوەوە بزانن •

★ (قُلْ : هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَا إِلاَّ إِحْدَى الحُسْنَيَيْنِ ؟ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ اَنْ يُصِيبَكُمُ اللّهُ بِعَذابٍ مِنْ عِنْدِهِ أَوْ بِأَيْدِينا ، فَتَرَبَّصُوا إِنَّا مَعَكُمْ مُتَرَبِّصُونَ) (٥٢) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو منافقانە : ئایا ئێوە چاوەڕێی غەیری ئەم دوو شتە ئەکەن بۆ ئێمە کە هەردووکیان زۆر باشن وە هەرکامان پێ بگات یەکێکە لە دوو بەهرەی زۆر بەرزی زۆر جوان : یا مانەوە بە سەربەرزی‌و زاڵبوون بەسەر دارایی‌و مایەی دنیادا ، وە یا مردن‌و کوژران بە شەهیدی‌و پایەی بەرزی پاشەڕۆژ ؟ وە ئێمە بۆ ئێوە چاوەڕێی ئەوەین کە خودا بتان گرێ بە سزایەکی تایبەتی لای خۆیەوە بە مردنێکی نابار بە دەردێکی ناهەموار ، یا بە سزایێ بە دەستی ئێمە بە تیرو بە شیر ، جا چاوەڕێ بکەن ئێمەیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێی ئەکەین •

★ (قُلْ : اَنْفِقُوا ـ طَوْعاً اَوْ كَرْهاً ـ لَنْ يُتَقَبَّلَ مِنْكُمْ ، إِنَّكُمْ كُنْتُمْ قَوْماً فاسِقِينَ) (٥٣) ★

ئەی رەهبەری سەربەرز تۆ بڵێ بەو منافقانە : ئێمە چاومان لە ماڵی ئێوەوە نیە وە ماڵی خۆتان سەرف بکەن ـ بە رەزامەندی یا بە نارەزایی ـ هەر لێیان قەبووڵ ناکرێ ؛ چونکی بە راستی ئێوە کۆمەڵێ بوون خاریج

لە ڕێگەی ڕاستی ئیسلامییەت‌و موسوڵمانان وە پێغەمەری ئەواتان خۆش نەویستوە •

★ (وما مَنَعَهُمْ اَنْ تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إلاَّ اَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللهِ وبِرَسُولِهِ ولا يَاْتُونَ الصَّلوةَ إلاَّ وهُمْ كُسالى ولا يُنْفِقُونَ إلاَّ وهُمْ كارِهونَ) (٥٤) ★

وە هیچ شتێ مەنعی ئەوەی نەکردوە کە مەسرەف لەوان وەربگیرێ ئەوە نەبێ ئەمانە کافرن بە خوداو بە ڕەسوولی خوداو نایەن بۆ نوێژکردن ئیللا بە بێ نیشاطی‌و بە تەمەڵیەوە بە شێوەی بێگار پێکردن ، وە ماڵیشیان سەرف ناکەن لە ڕێگەی ئیسلامیەتا ئیللا لە حاڵەتێکدا کە ئەوان بە دڵ ناڕازین بەو مەسرەفە • جا قەومێ وەها بن بیرو باوەڕیان نابار بێ‌و کردەوەو عیبادەتی بەدەنییان بە زەوق نەبێ‌و سەرفی ماڵیشیان بە ناحەز بێ ئەبێ چۆن ئەوانە سایەو پایەو مەقامێکیان ببێ لە ئیسلاما ؟

★ (فَلا تُعْجِبْكَ اَمْوالُهُمْ ولاَ اَوْلادُهُمْ إنَّما يُرِيدُ اللهُ لِيُعَذِّبَهُمْ بِها في الحيوةِ الدُّنْيا وتَزْهَقَ اَنْفُسُهُمْ وهُمْ كافِرونَ) (٥٥) ★

با تۆ نەخاتە تەعەجوب‌و قەدرگرتنەوە دارایی‌و نەتەوەو کۆمەڵەی ئەوان ؛ چونکی ئەم دارایی‌و نەتەوەی زۆرە مایەی بەدبەختی ئەوانە ، خوای تەعالا ئەوەی ئەوێ کە لە دنیادا سزایان بدا بە هۆی پەیداکردنی ئەو داراییەو خزمەتی‌و پارازتنی ، چون نە ئەصڵەکەی پاکەو نە خزمەتکردنەکەی بە ڕێگەیەکی مەشرووعەو نە پارازتنەکەی بە هیوایەکی باشە ، هەروەها ئەولادەکانیشیان نە بە شێوەیەکی شەرعی پەیدابوون‌و

نە تەمێو تەربیەتێکی باشیان کراوەو نە روویان لە خێرو پیرۆزیە • کە وابوو هەموو ئەمانە مایەی سزای دنیاو بەدبەختی قیامەتیشنو لە ئەنجاما کاتێ گیانیان دەرئەچێ گیانیان بە کافری دەرئەچێ •

★ (ويَحْلِفُونَ بِاللهِ إِنَّهُمْ لَمِنْكُمْ ومَا هُمْ مِنْكُمْ ولكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُون) (٥٦) ★

وە ئەو منافقانە بە خودا سوێند ئەخۆن : کە بە راستی لە ئێوەنو لە موسوڵمانانن کەچی ئەوان لە ئێوە نینو ، بەڵام ئەوانە کۆمەڵێکن لە موسوڵمانەکان ئەترسن بە نیفاقو پارێز لەگەڵیانا رائەبوێرن •

★ (لَوْ يَجِدُونَ مَلْجأً اَوْ مَغاراتٍ اَوْ مُدَّخَلاً لَوَلَّوا إِلَيْهِ وهُمْ يَجْمَحُونَ) (٥٧) ★

ئەگەر ئەو منافقانە پیاوێکی گەورەی سەربەخۆیانیان دەست بکەوتایێ ئەڕۆیشتن بۆ لایو جەنگیان لەگەڵدا ئەکرد ، وە یا ئەگەر قەڵایەکی مەحکەمیان دەست بکەوتایە ئەڕۆیشتنە ناویەوەو ئەیانکرد بە پارێزگاری خۆیان ، وە ئەگەر چەن ئەشکەوتێکیان بدۆزیایەتەوە لە کێوێکی سەختا کە دەستان پێیان نەگا ئەڕۆیشتن بۆ ناویان ، وە ئەگەر جێگەیەکی پەناداری نەبینراوی وەکو ژێرزەمینیان شك ببردایە ئەڕۆیشتنە ناویو دەستیان دەدایە یاخێتیو ملەجڕێو سەرکێشی ، کە مادام ئەمە تەبیعەتیانە ئیتر ئیعتیبار بە شێوەی فەرمانبەری ئەمانە نیە •

جا بزانن ! ئەم ئایەتانە هەموویان لە ئایەتی چلو یەکەوە تا کۆتایی ئایەتی پەنجاو حەوت بە موناسەبەی غەزای تەبووکەوە هاتوونەتە خوارەوە ، بەڵام لە سەر چەن هۆیەکی جیاواز ؛ بۆ وێنە دوو تاقم لە غەزای تەبووك

دواکەوتن ؛ تاقمیّ لـە موسولّمانانو ، تاقمیّ لـە مونافیقەکان ، وە ئـەم مونافیقانە بازێکیان ئامۆژگاری بازێکیانی ئەکرد بەوە کە نەڕۆن بۆ ئەو غەزایەو پێیان ئەوتن : لەم کاتی گەرمادا دەرچوون بۆ ئەم سەفەرە دوورو درێژە مەعنای نیە ، جا خودای تەعالا لە عیتابی موسولّمانە دواکەوتوەکانا ناردیە خوارەوە :

(یا ایها الذین آمنوا ما لکم اذا قیل لکم انفروا في سبیل الله اثاقلتم ـ هەتا ـ ... والله عزیز حکیم) •

وە بۆ ئـەمر بـە موسولّمانان بۆ جیهاد لـە ڕێگەی خودادا ناردیە خوارەوە : (انفروا خفافا وثقالا ... الآیە) جـا بۆ سەرزەنشتی ئـەو مونافیقانە کـە لـەو غەزایە دواکەوتنو دانیشتن پاش ئەوە کـە داوای ئیجازەیان کـرد لـە حەزرەت ـدـو چـەن بەهانەیەکیان نیشان داو لـە راستیشدا وا نـەبو لـە ئایەتی : (لو کان عرضـا قریبـا وسفرا قاصدا لاتبعوك) هەتا ئایەتی : (قل انفقوا طوعا او کرها) هاتە خوارەوە • بەڵێ ئایەتی (عفا الله عنك) نازڵ بو لە خوصووصی ئیجازەی حەزرەتەوە ـدـ بۆ ئەو بازە کەسانە •

وە لەو مونافیقانە بو کەسیّ کە بیانووی ئەهێناوە بەوە کە پیاوێکە زۆر ئارەزووی لە ژن هەیەو ناتوانیّ مەنعی نەفسی خۆی بکاو ئەیوت : ئامادەم بۆ ئەوە کە بـە ماڵو دراییّ خزمەت بکەم ، جـا خودای تەعالا (ومنهم من یقول ائذن لي ولا تفتني)و ئایەتی (قل انفقوا طوعا او کرها)ی نازڵ کرد •

وە بازیّ لەوانە کە لە مەدینەدا دواکەوتنو نەچوون بو غەزاکە واتەی درۆو دەلەسـەیان هەڵئەبەستو بڵاویان ئەکردەوەو ئەیانوت : محـەمەدو

ئەصحابەكانی لەم ڕێدا مەحو بوونەوەو ئاساریان نەما ، وە خودا بەدرۆی خستنەوەو ئەم ئایەتەی نازڵ كرد : (ان تصبك حسنة تسؤهم) •

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقاتِ ، فإنْ أُعْطُوا مِنْها رَضُوا ، وإنْ لَمْ يُعْطَوْا مِنْها إذَا هُمْ يَسْخَطُونَ) (٥٨) ★

وە لەو ئینسانە ناساغانەیە كەسێكی وەها كە عەیبت لێ ئەگرێ لە بەشكردنەوەی حوقووقی واجیبەدا ، جا ئەگەر بەشیان بدرێ لەو خێراتە ڕازی ئەبن و بێدەنگ ئەبن ، وە ئەگەر بەشیان نەدرێ كوتوپڕ هەڵئەچن و تووڕە ئەبن و دەست ئەكەن بە قسەی پڕو پووچ •

★ (ولَوْ أنَّهُمْ رضُوا ما آتيهُمُ اللهُ ورَسولُهُ وقالُوا : حَسْبُنا اللهُ . سَيُؤْتِينا اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ورَسُولُهُ ، إنّا إلى اللهِ راغِبونَ) (٥٩) ★

وە ئەگەر ئەوانە ڕازی بووناىێ بەوەی كە خوداو پێغەمەری خودا پێیداون وە لە مەقامی سوپاسكاریدا بیانوتایە : خودامان بەسەو لەمەولا لە دنیاداو لە قیامەتا خودا بە فەزڵی خۆی بەهرەمەندمان ئەكاو بەشمان پێ ئەدا ، وە ئێمە بە ڕاستی ڕەغبەتمان و دڵخوازمان لە بەشی خودایە •• ئەوە زۆر باشتر ئەبو لەو ناڕەزایی و ڕەخنەگیریە كە لە تەقسیمی حەزرەتا ئەیكەن •

زاناكان فەرموویانە : ئەم دوو ئایەتە لە (ابو الجواظ)ی مونافیقا نازڵ بوون كە ئەیوت : تەماشای ئەم پێغەمەرە ناكەن كە صەدەقەكان بەش ئەكاتەوە بە ناو شوان و گاوان و شترەواناو گومانیشی وەهایە كە دادگەرە ؟! •

وە بازێ وتوویانە : نازل بوون لە کوڕی (ذو الخویصرة) گەورەی (خوارج)دا کە کاتێ حەزرەت لە (حنین)دا یا لە (جعرانە)دا غەنائیمی هەوازینی بەش ئەکردەوەو بەشی زۆری ئەدا بە ئەهلی مەکە لە بەر ئەوە دڵیان خۆش بکا لەسەر ئیسلامیەت ، ئەویش هات بۆ لای حەزرەت ـدـ وتی : (اعدل یا رسول الله ! فقال : ویلك ! ان لم اعدل فمن یعدل ؟)وە لەو کاتەدا ئەو کابرا ئەو قسەی ئەکرد بەرماڵێ بەسەر شانی حەزرەتەوە بو بەهێز رای کێشا وەها کە لاملی حەزرەتی رووشاند • حەزرەتی عومەر ئەمەی دی هات وتی : ئەی پێغەمەری خودا ئیزنم بدە بدەم لە گەردنی ، فەرمووی : نەکەی ! من ئەصحابەی خۆم ناکوژم ؛ وە کاتێ کابرا رۆیشت حەزرەت فەرمووی : لەمەولا لە پشتی ئەمە نەتەوەیێ دەرئەچن کە لە دین دەرئەچن وەکو تیر چۆن لە شوێنی خۆی دەرئەچێ •

وە ریوایەت کراوە لە ئەبو سەعیدی خدریەوە ـخـ ئەڵێ : لە یەمەنەوە شتێ رەوانە کرا بۆ لای حەزرەت ـدـ ئەویش بەشی کردەوە لە بەینی چوار کەسا ، جا پیاوێ لەوێدا بوو وتی : لەم بەشکردنەدا عەدالەتت نەکرد ! حەزرەت فەرمووی : لە نەتەوەی ئەمە کۆمەڵێ دەرئەچێ کە لە دین دەرئەچن • ئەمە بوخاری شەریف ریوایەتی کردوە •

وە ئەو شتە بریتی بوە لە میقدارێ ئاڵتوون حەزرەتی عەلی لە یەمەنەوە ناردیەوە بۆ لای حەزرەت ئەویش دای بە چوار کەس لە (مؤلفە) ـ دڵنەوایی کراو ـ کە ئەمانە بوون (اقرعی کوڕی حابسی حنظلی)و (عیینەی کوڕی بدری فزاری)و (زیدی طائی نبهانی)و (علقمەی عامری کلابی) ؛ وە کابرای کە قسەکەی کرد (ذو الخویصرە)ی

تـەمیمی بو ناوی (حرقوص) کـوڕی (زهیـر) بو ، وه لـه واقیعـا خەواریجەکان که چوون به گژ حەزرەتی عەلیدا لەو نەتەوە بوون •

جـا خودای تەعـالا ئایەتی نازڵکرد بۆ بەیانی ئـەو کەسانەی کـه صەدەقاتیان ئەدرێتیو فەرمووی : (انما الصدقات للفقراء ••• الآیة) •

له پێش بەیانی تەفسیری ئەم ئایەتەدا بزانن ئەو ماڵه کـه واجبـه سەرف بکرێ لـه بـەر حەقی خودا پێنج نەوعـه : زەکاتو ، فەیىءو ، غەنیمەو ، کەفارەتو ، فیدیه • فەیىء : ماڵێکه به بێ جەنگو داوا لـه کافرانەوە بگا بـه موسوڵمانان • وه غەنیمه ماڵێکه به تاڵان بیگرین لـه کافران • وه کەفارەت به سوێندی درۆو ، ظیهارو ، قەتڵه • وه فیدیه ئەوەیه ئەدرێ له تۆڵەی واجباتی حەجو عومرەدا که بفەوتێن ، وه هەر یەکێ لەمانه له شوێنی خۆیا بەیان ئەکرێت •

زەکات لـه شـەرعا ئـەو ماڵەیه کـه واجبـه دەوڵەمەند بیدا بـه موستەحەقەکان لەسەر یاسای دین • وه زەکات واجبه له پێنج ماڵدا : یەکەم نەخت ، یانی ئاڵتوونو زیو • دووهەم : ماڵی تیجارەت • سێهەم : بەرو بوومی باخ • چوارەم : بەرو بوومی کشتوکاڵ • پێنجەم : حەیوانات له وشترو گاو مەڕو بزن •

وه شەرتی واجببوونی زەکات لـه ماڵی نەختا ئیسلامیەتی خاوەن ماڵو ، ئازادیەتی ، وه ئەبێ ئەو ماڵه له موڵکی تەواو بێ ، مەثەلا بەدەڵی ئیجارە هەتا ماوەی ئیجارەکه تەواو نەبێ نابێ به موڵکی تەواو • وه ئەبێ ساڵێکی بەسەرا بێتەوە ، وه ئەبێ بگاتە (نیصاب) واته حەدی زەکات • وه حەدی زەکات له ئاڵتوونا (٢٠) مثقاڵەو حەدی زەکات له زیوا دووسەد

دره‌مه ، وه ئه‌مانه چل‌یه‌کیان واجبه ، که له بیست مسقالّ ئالّتوونا نیو مسقالّه‌و له دووصه‌د دره‌ما پێنج دره‌مه •

ئیسته له‌م زه‌مانه‌دا ئالّتوون‌و زیو دیار نیه‌و حوکومه‌ته‌کان (باقه نه‌وت ـ رصید ـ)یان خستوه‌ته بازاڕه‌وه‌و هه‌ر یه‌کێ موقابیل به‌و باقه‌نه‌وتانه میقدارێ ئالّتوون‌و زیوی له بانگی عاله‌میا داناوه وه‌ختی خۆی له به‌رانبه‌ری مسقالێ ئالّتوونی عیراقیه‌وه دوو دینار دانراوه • وه له‌سه‌ر ئه‌وه که بیستوومانه له پیاوانی بانك سێصه‌دو شه‌صت دره‌ه‌می عیراقی میقداری دووصه‌د دره‌ه‌م زیوی تێدایه • جا له‌به‌ر ئه‌وه نرخی دیناری کاغه‌ز که‌م‌و زیاد ئه‌کا هه‌رکه‌سێ له پاش ته‌واوبوونی سالّ قیمه‌تی بیست مسقالّ ئالّتوون دیناری بو که ئه‌کاته چل دینار واجبه دینارێکی بدا به زه‌کاتا ، وه ئه‌گه‌ر له ئاخری سالا مسقالی ئالّتوون سێ دینار بژی پێویسته شه‌صت دیناری بێ ئه‌وسا له به‌رانبه‌ری ئالّتوونا زه‌کاتی لێ ئه‌که‌وێ ، به‌لام بۆ زیو مادام سێصه‌دو شه‌صت دره‌می بو پێویسته ، به حسێبی چل‌یه‌ك ـ نۆ دره‌م بدا له زه‌کاتا ؛ به‌م یاسا هه‌ر که‌سێ مامه‌لّه‌ی ببێ غالّبا زه‌کاتی له‌سه‌ره •

وه بزانن ئه‌و میقداره پاره نه‌خته که به ده‌سقه‌رز ئه‌درێ به که‌سێ مادام بگا به حه‌دی نیصاب زه‌کاتی تیا واجب ئه‌بێ له‌سه‌ر خاوه‌نه‌که‌ی به‌لام واجب نیه زه‌کاته‌که‌ی بدا هه‌تا ئه‌و قه‌رزه وه‌رئه‌گرێته‌وه •

وه زه‌کاتێکی تری له‌سه‌ر کابرای قه‌رزار واجب نابێ هه‌رچه‌ن که بوه به مالّی‌و ته‌سه‌ڕوفی تێدا ئه‌کا ، به دوو ده‌لیل ؛ یه‌که‌م تاقه مالّێ له یه‌ك سالّدا دوو جار زه‌کاتی تێدا نیه ، وه مادام زه‌کاتی واجب بو له‌سه‌ر خاوه‌نه‌که‌ی ئیتر له‌سه‌ر قه‌رزاره‌که واجب نابێ •

دووهەم : کابرای قەرزار هەرچەن ببێ بە مالیکی ئەو پارەیە بەڵام مولکی ثابیتی نیە لەبەر ئەوە واجبە وێنەی ئەوە رەد بکاتەوە بۆ سەر خاوەن قەرزەکە کە ئەو ماڵەی لێوەرگرتوە •

وتمان شەرتی وجووبی زەکات لە ماڵی نەختا (ئیسلامیەت)و (ئازادی) خاوەنەکەیەتی ، وە مولکی ثابیتە نەوەك بەدەلی ئیجار لە پێش تەواوبوونی مودەکەدا ، وە گەیشتنە بە حەدی نیصابو گەڕانەوەی ساڵە بەسەریا •

وە حوکمی ماڵی تیجارەتیش وەکو ماڵی نەخت وایە ، بەڵام شەرت نیە ئەو ماڵە لە تەواوی ماوەی ساڵەکەدا حەدی نیصاب بێ ، واتە ئەگەر ماڵی تیجارەتەکەت لە ئەوەڵی ساڵەوە بایی بیست مسقاڵ ئاڵتوون بو وە لە پاش چەن مانگێ نرخەکەی شکاو بوو بە دە مسقاڵو لە ئاخری ساڵا گەیشتەوە بە بیست مسقاڵ ئەوە واجبە زەکاتەکەی بدرێ ، واتە نیو مسقاڵ بدا لە زەکاتا •

وە حەدی زەکات لە واریداتی کشتوکاڵدا ، لەوانەدا کە بۆ قووت دەست ئەدەن ، هەروەها لە واریداتی ترێو خورمادا چونکی بە قووت ئەژمێررێن پێنج ویسقە کە بە کێشانە ئەگاتە حەوسەدو بیست کیلۆ ، وە شەرتی زەکات لەمانەدا ئەمەیە لەوانە بن کە ئادەمیزاد ئەیان چێنێو ژیواری ئیختیاری بنو مولکی تەواو بن ، بەڵام رابوردنی ساڵ بەسەریانا ئیعتیبار ناکرێ ، وە ئەگەر ئەمانە بە ئاوی رەسای خودایی ئاو بدرێن واجبیان دە یەکە ، وە ئەگەر بە مەکینەو دۆڵابو هەڵگۆزان بێ بیست یەکە •

بێداربن ! نیصاب لەو دانەوێڵانەدا کە لە توێکڵدا هەڵئەگیرێن وەکو پەرژەو چەڵتووك دە ویسقە یانی دوو قاتی گەنمو جۆ •

وە ئەمما حەیوانات : ئەووەڵ نیصابی وشتر پێنجە لەوەدا کاوڕێکی یەك ساڵە واجبە . وە لە دەدا دوو کاوڕ وە لە پازدەدا سێ کاوڕ ، وە لە بیستا چوار کاوڕ ، وە لە بیست‌و پێنجدا وشترێکی مێچکەی یەك ساڵە ، وە لە سی‌و شەشا مێچکەیەکی دوو ساڵە ، وە لە چل‌و شەش مێچکەیەکی سێ ساڵە ، وە لە شەصت‌و یەکا مێچکەیەکی چوار ساڵە ، وە لە حەفتاو شەشا دوو مێچکەی دوو ساڵە ، وە لە نەوەدو یەکدا دوو مێچکەی چوار ساڵە ، وە لە صەدو بیست‌و یەکدا سێ وشتری مێچکەی دوو ساڵە ، لەمە بەرەوژوور لە هەموو چل وشترێکدا مێچکەیەکی دوو ساڵە ، وە یا لە هەر پەنجادا وشترێکی مێچکەی سێ ساڵە واجبە •

وە حەدی زەکاتی گاو مانگا سی سەرە کە گوێرەکەیەکی یەك ساڵەی تێدا واجبە ، وە لە هەموو چل سەرێکدا گوێرەکەیەکی مێچکەی دوو ساڵە • وە لەسەر ئەم حسێبە هەتا زیاد ئەکا •

وە حەدی زەکاتی مەڕو بزن چل سەرە ، لەم ژمارەدا بەرخێکی یەك ساڵە یا بزنێکی دوو ساڵە واجبە ، وە لە صەدو بیست‌و یەك سەرا دوو سەر واجبە ، وە لە دووصەدو یەك سەرا سێ‌سەر واجبە ، وە لە چوارصەد سەرا چوار سەر واجبە • پاش ئەمە لە هەر صەد سەرا سەرێ واجبە •

وە هەر دوو ماڵێ تێکەڵ بکرێن حوکمی یەك ماڵیان هەیە ، بەم مەرجە لە یەك جیا نەکرێنەوە لە هۆی مانەوەو ئیستیفادە لێوەرگرتنەوە ، مەثەلا لە حەیواناتدا شوان‌و شیردۆش‌و شوێنی گردکردنەوەی ڕۆژو شەوو تێری‌و •• بێ فەرق بن •

وە هەرچی پەیدا بێ لە ئەندازەی نیصاب لە ناو ساڵا حوکمی ئەصڵەکەی هەیە ، مەثەلا چل سەر مەڕت بوو وە بە هۆی زایینەوە گەیشتن

بە صەدو بیستو یەك سەر دوو سەریان تێدا واجب ئەبێ ، وە ئەگەر ئەو چل سەرە لە ناو ساڵەکەدا مردن بەچکەکانیان بۆ نیصاب لە جێگەی ئەوانا ئەژمێررێن •

جا خودای تەعالا بۆ رەدکردنەوەی داوای ئەو کەسانە کە بە نارەوا داوای زەکاتیان کردوە فەرموویەتی :

★ (إنَّما الصَّدَقاتُ لِلْفُقَراءِ ، والمَساكِينِ ، والعامِلِينَ عَلَيْها ، والمُؤَلَّفَةِ قُلوبُهُمْ ، وفي الرِّقابِ ، والغارِمِينَ ، وفي سَبِيلِ اللهِ ، وابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللهِ ، واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٦٠) ★

واتە ماڵی زەکات خودای تەعـــالا دایناوە بۆ هەشت کۆمەڵ لــە موسوڵمانان ؛ یەکەم : ئەوانە کە فەقیرن ، یانی داراییان نیـــەو لاتن • دووهەم : ئەوانە کــە میسکینن وەها ماڵیان هەیە بەڵام رەسایی ناکا بــە ژیواریانا ، یانی مانگی سی دینار دەرامەتیەتی لە کەسبو کارو واریداتا وە موحتاجە بە چل دینار • سێهەم : بۆ ئەو تاقمــە کە ئـــەم ماڵی زەکاتە گردئەکەنەوە لە موسوڵمانان بە فەرمانی سەرۆکی ئیسلام • چوارەم : بۆ ئەو کەسانە کە پێویستە دڵیان خۆش بکرێ بە پارەو ماڵ بۆ ئـەوە کە ئیمانیان بە هێز ببێ وە یا بە هۆی ئەوانەوە عەشیرەتێ موسوڵمان ببن ، وە یا خەڵك بە چاوی قەدرەوە تەماشای ئیسلام بکەن • پێنجەم : بۆ ئەو بەندانە کە پێویستیان هەیە بە پارە بۆ ئازادبوونیان • شەشەم : بۆ ئەو کەسانە کە قەرزار بوون بۆ میانە رێخستن لە نێوان دوو تاقمی موسوڵمانا کە دوژمنایەتی لە بەینیانا ببێ ، یا لــە رێگەی خزمەتکردنی موسوڵمانانا قەرزار بوون ، یا لە هۆی مەسرەفکردنی حەڵاڵا بۆ خۆیان قەرزار بوون •

حەوتەم : بۆ ئەوانە کە بە بێ کرێ لە رێگەی خودادا غەزا ئەکەن ، وە یا لە سنووری ولاتی ئیسلامدا دائەنیشن • هەشتەم : بۆ ئەو کەسانە کە وان لە سەفەری شەرعیداو پارەیان پێ نەماوە • وە خودای تەعالا زانایە بە حالی موستەحەقەکان پێویستە بە درۆ داوا نەکەن‌و زیاد لە ئەندازەی شەرعی وەرنەگرن • وە زانایە بە دەولەمەندەکان پێویســـتە مالەکەیان نەشارنەوەو حەقی موستەحەق مەنـــع نەکەن ، وە خاوەن حیکمەتە لـە دامەزراندنی زەکاتا • چەن حیکمەتی داناوە لە زەکاتدانا :

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : دەرخستنی ئیخلاص ساغیە لە دینا ، ئەو کەسە کە داوای ئیسلامیەت ئەکا خوا بەراوردی ئەکا بە عیبادەتی بەدەنی وەکـــو نوێژو رۆژوو ، وە بە عیبادەتی مالی وەکو سەرفی زەکات ، وە بە عیبادەتی مال‌و بەدەن وەکو حەج •

دووهەم : خودا بڕیاری داوە ئەم ئادەمیزادە لە ناو خۆیانـا رەحم بکەن بە یەك بۆ ئەوە کە رشتەی یەکیەتی لە ناویاندا قایم ببێ ، یـەکێ فەقیرێکی چاو پێکەوت مالی دنیای پێدا ئەو کەسە ئەکا بە موخلیص‌و دۆستی خۆی ، وە بەم هۆوە موسولمانان ئەبن بەیەك مال‌و یەك حال •

سێهەم : دامەزراندنی دەستەوام لە ناو موسولمانانا ، هەر کۆمەلێ لە پیاوەتی‌و چاکەکردنا یارمـەتی یەکیان دا ئەوانـــە دەوامدار ئـــەبن‌و نافەوتێن ؛ چونکە فەقیرەکەیش بە هۆی مالی دەولەمەندەکەوە ئەبێ بـە دەولەمەند •

دووهەم لەو باسانە : ئەم زەکاتە رەوا نیە بۆ ئەو کەسانە کە نەفەقەیان لەسەر خاوەن ماڵەکەیە ، کەوابو دروست نیە باوکو باپیرەو دایكو نەنە زەکاتی ماڵی خۆیان بدەن بە نەتەوەی خۆیان ، هەروا پێچەوانەی ئەمەیش ؛ چونکە ئەمانە خۆیان واجبە لەسەریان گوزەرانی گەدای خۆیان بدەن • وە دروست نیە مێردی ژن زەکاتی خۆی بدا بە ژنەکەی بۆ ژیواری ، بەڵێ ئەگەر ئەم ئەصڵو فەرعە یا ئەم ژنە قەرزار بو ئەوە دروستە زەکاتی پێ بدرێ بۆ دانەوەی ئەو قەرزە •

سێهەم : فەقیرو میسکین ئەوەندەیان لە زەکات پێ ئەدرێ لەو حاڵەتە دەرچن ، جا ئەگەر کەسابەتیان پێ بکرێ ئەوەندەیان پێ ئەدرێ بکەونە کاسبیەوە بە جۆرێ بتوانن ژیوار بکەن ، وە ئەگەر کاسب نەبوون دروستە ژیواری ساڵێکیان پێ بدرێ بەڵکو ئەگەر ماڵی زەکاتەکە زۆر بو دروستە ژیواری عومری غاڵبیان پێ بدرێ •

چوارەم : زەکات نادرێ بە نەتەوەی هاشم کە باپیرەی حەزرەتە (د) وە بە نەتەوەی (مطلب) کە برای باپیریەتی لەبەر ئەوە ئەم نەتەوەیە حەقیان وا لە (خمس)دا واتە (خمس الخمس)ی فەیئو غەنیمە ، بەڵام لەم زەمانەدا کە خومس نادرێ پێیان زاناکان فتوایان داوە کە دروستە ، بەڵکو واجبە ، زەکاتیان پێ بدرێ بۆ ئەوە کە داماو نەکەونو حورمەتیان رابگیرێت •

پێنجەم : زەکاتی هەر تاقمە دەوڵەمەندێ واجبە بدرێ بە فەقیرو هەژاری شوێنی ئەو دەوڵەمەندە ، بەڵام لە فەرموودەیەکی ئیمامی شافعیداو لە فەرموودەی ئیمامی حەنەفیو بازێ زانایانی دیندا دروستە

زەکاتی ماڵ نەقڵ بکرێ بۆ وڵاتێکی ترو بدرێ بە فەقیری ئەو وڵاتە ، بە تایبەتی ئەگەر خزم بێ وە یا کەسێ بێ قازانجی بۆ دین ببێ •

★ (ومِنْهُمُ الَّذينَ يُؤْذونَ النَّبِيَّ ، ويَقولونَ : هوَ اُذُنٌ ، قُلْ : اُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ يُؤْمِنُ بِاللهِ ويُؤْمِنُ لِلمُؤْمِنينَ ورَحْمَةٌ لِلَّذينَ آمَنُوا مِنْكُمْ ؛ والَّذينَ يُؤْذُونَ رَسولَ اللهِ لَهُمْ عَذابٌ اَليمٌ) (٦١) ★

ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە شانی مونافیقەکانا ؛ دائەنیشتن لە ناو خۆیانا زەمی حەزرەتیان ئەکرد بە جۆرێ شتی بێ ئەساس ، یەکێکیان وتی : باسی مەکەن ئەترسم خودای تەعالا خەبەرداری بکا ، وە (جلاسی کوڕی سوید) وتی : جا قەی‌ناکا ئێمە ئەڕۆین بۆ لایو سوێندی بۆ ئەخۆین کە کە قسەی خراپمان نەکردوە ئەویش باوەڕمان پێ ئەکا ؛ چونکی هەر گوێیە هەر قسەیێ ببیسێ باوەڕی پێ ئەکا • وە بازێ ئەڵێن : هەر ئەصڵی زەمەکەی ئەوە بو ئەیان‌وت : محەمەد هەر گوێیە ، هەرچی قسەی بۆ بکرێ باوەڕی پێ ئەکا ئیتر شت لێك‌ناداتەوە بە دڵ ، بۆیە جارێ ناچێ بە گژی کەسێکدا بیخاتەوە بەدرۆوە ! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ، ئەڵێت : وە لەو مونافیقانەیە کەسانێ کە ئازاری دڵی حەزرەت ئەدەن بە بازێ قسەی پڕۆپووچ ، وە هەر کاتێ ئەو قسانە ئەبیسێ دڵی ئازاری پێ ئەگا (من جوملە) ئەڵێن : محەمەد هەر گوێیەو هەر قسە ئەبیسێو هەرچی بیست ئیتر ڕەدی ناکاتەوە •

تۆ بڵێ ئەی پێغەمەری نازار : ڕاستە محەمەد گوێیە واتە وتو وێژی ئێوە ئەبیسێ ، بەڵام بیسەرێکی خێرەو بیسەرێکی چاکە بۆ ئێوە ، ئەگەر ئەو قسە کە ئێوە ئەیکەن باش بێو یارمەتیدانێ بێ نایداتەوە بە رووتاناو

بە درۆتان ناخاتەوە بۆ ئەوە ئاشووب پەیدا نەبێو ئابڕووتان نەچێ • وە سیڕی ئەم خوە گەورە ئەمەیە کە محەمەد ئینسانێکە ئیمانی تەواوی بــە خودا هەیە ، وە هەر کەسێ ئیمانی تەواوی بێ بە خودا ئەگەر قســەی باشی بیست وەری‌ئەگرێو ئەگەر قسەی خراپی بیست چاوپۆشی ئەکاتو نایداتەوە بە رووی کابرادا • یاخود ئیمانی تەواوی هەیە بە خودای خۆی کە یارمەتی دینەکەی ئەداو قسەی خەڵك نابێ بە مانیعی ، ئینسانی وەهایش ئەبێ وابێ خێر وەربگرێو لە شەڕ چاوپۆشی بکا •

وە ئیمانیشی هەیە بە راستیو ئیخلاصی موسوڵمانەکان مادام باوەڕی بێ بە ئیمانو ئیخلاصی ئەوان هەر قسەیێ بکەن وەری ئەگرێ ؛ ئەگەر قسەکە بە سوود بێ کاری پێ ئەکا ، وە ئەگەر قسەیەکی بێ سوودیش بێ چونکی لە ئیخلاصەوە هاتوە کابرا عاجز ناکاو رەدی ناکاتەوە • وە هۆی رەحمەتو کەرەمو میهرەبانیــە بۆ موسوڵمانەکانیش ئەمەیش ئەبێ بــە هۆیەکی تایبەتی بۆ ئەوە کە قسەی نابارێشیان بــە توندیو دژی رەد نەکاتەوە ، مادام ئەم حاڵە بوو بە خوو بۆی ئەگەر مونافیقێکیش قســەی خراپ بکا هەر ناچێ بە گژیا •

بەڵام ئەو کەسانە کە ئازاری دڵی پێغەمەری خودا ئەدەن بۆ ئەوان هەیە سزایەکی نابارو موستەحەقی ئەوەن مەگەر خودا عەفویان بکا ، ئیتر با پێغەمەر (د) ئازاریان نەداو رەدیان نەکاتەوە ، لە دەستی خودا دەرناچن •

★ (يَحْلِفُونَ بِاللهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ ، وَاللهُ وَرَسُولُهُ اَحَقُّ اَنْ يُرْضُوهُ إِنْ كَانُوا مُؤْمِنِينَ) (٦٢) ★

وە ئەو مونافیقانە سیفەتێکی زۆر ناپەسەندیان هەیە وەکو ئەوە بێ لە هەر موناسەبەیەکدا نیسبەتی رەفتارو کرداری خراپیان لێ بدرێ لەسەر

وەزعی ناشیرینیان دێن بە درۆ دەست ئەکەن بە سوێندخواردن بە خودا بۆ ئەوە کە تۆو موسوڵمانەکان رازی بکەن وە لەم سوێندە درۆیانە سوود وەرناگرن ، چونکە لە راستیدا خوداو پێغەمەری خودا لە هەموو کەس شایاوترن کە رازییان بکەن ئەگەر ئەمانە موسوڵمان بن ، وە خوداو پێغەمەریش بە واقیعی راست رازی ئەبن نەك بە درۆو دەلەسە •

★ (أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَنْ يُحَادِدِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِداً فِيهَا ذَلِكَ الخِزْيُ العَظِيمُ ؟) (٦٣) ★

ئایا ئەم درۆزنە سوێندی درۆخۆرانە نازانن بە راستی هەرکەسێ بەرانبەرکێو کینەبازی لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا بکا ئەوە بە راستی ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوە کە تیایا ئەبێ هەتا هەتایە ؟ وە ئەم حاڵەتە رسوایی بێ هەمتای گەورەیە •

★ (يَحْذَرُ المُنَافِقُونَ أَنْ تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ ، قُلِ : اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ) (٦٤) ★

ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە لە شانی کۆمەڵێ لە موونافیقەکانا لە کاتی غەزای تەبووکدا لە ناو خۆیانا ئەیانوت : بڕوانن بۆ ئەم کابرایە چەن بێ بیرو هۆشە ئەیەوێ فەتحی شام بکاو قەسرەکانی داگیر بکاو زاڵ ببێ بەسەر رۆمدا ؟! وە ئەم قسانەیان بە شێوەی گاڵتەو گەپ ئەکردو لە عەینی کاتا بازێکیان لەسەر بەراوردی خۆیان ترسی ئەوەیان بوو کە خودای تەعالا پێغەمەری خۆی خەبەردار بکا ، وە ئەو کۆمەڵەیە رسوا بکا لەسەر ئەم وتووێژەیان ، وە لە واقیعا خودای تەعالا پێغەمەری خۆی

خەبەردار کرد لەم باسەو حەزرەت بانگی کردن‌و فەرمووی : ئێوە واتان وت‌و فلاَنە قسەتان کرد ، ئەوانیش وتیان : لە واقیعا بازێ لەم قسانەمان کردوە بەلاَم بە راستیمان نەبوەو بەلَکو بە عادەتی خەلَکی ئەڕۆین بە رێگەداو گاڵتە ئەکەین‌و بازێ قسە دێ بە دەممانا • جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : مونافیقەکان قسەی بێ مەعناو پڕو پووچ ئەکەن دەربارەی تۆو موسوڵمانان‌و لە عەینی وەختیشدا بازێ لەوان ئەترسن ئەوەی هەیە کە ئایەتێ یا چەن ئایەتێ بە ئەندازەی سوورەتێ بێتە خوارەوەو ئاگاداریان بکا لەسەر ئەوەی وا لە دڵیانا • جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ پێیان لە مەقامی سەرزەنشدا : قەی ناکا گاڵتە بکەن پێمان بە راستی خودای تەعالا هەرچی کە ئێوە ئەیڵێن‌و ئەیکەن دەری ئەخا ، وە ترستان بوو لەوە کە خودا دەری بخا هەمووی دەر ئەخا •

★ (ولَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ : إِنَّما كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ • قُلْ : أَبِاللهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ؟) (٦٥) ★

وە بە راستی ئەگەر تۆ پرسیاریان لێ بکەی لەو قسەو باسە : بۆ چیتان ئەکرد ؟ ئەڵێن : ئێمە بە دڵ ئەو قسانمانە نەدەکرد وە هەر ئەوەندە بو کە ئێمە تۆزێ کەیفی خۆمان جاخ ئەکردو گاڵتەمان ئەکرد • جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : ئایا ئێوە بە خوداو ئایاتی خوداو پێغەمەری خودا گاڵتە ئەکەن ؟

★ (لا تَعْتَذِرُوا ! قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمانِكُمْ ، إِنْ نَعْفُ عَنْ طائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طائِفَةً بِأَنَّهُمْ كانُوا مُجْرِمِينَ) (٦٦) ★

واتە ئیمڕۆ مەشغووڵ مەبن بە عوزرهێنانەوە لە لای من ! بە راستی

ئێوە کافر بوون پاش ئەوە کە لای من ئیمانتان هێنا ؛ جا ئیمڕۆ ئەگەر تاقمێ لە ئێوە عەفو بکەین چونکی ئەوان ئەساس نەبوون بۆ گاڵتەو بێ شەرمی سزای تاقمێکتان ئەدەین لەبەر ئەوە کە تاوانبار بوونو هۆی ئیقدامکردنی باقی ڕەفیقەکانیان بوون لەسەر بێ شەرمیو گاڵتەکردن •

★ (المُنافِقونَ والمُنافِقاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالمُنْكَرِ ويَنْهَوْنَ عَنِ المَعْروفِ ويَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُوا اللهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ المُنافِقِينَ هُمُ الفاسِقُونَ) (٦٧) ★

ئەم مونافیقانە پیاوو ژنیان هاوزەوقو هاوخوون وەکو ئەجزای شتێکی تەنیا وە خوویان لەسەر ئەوەیە ئەمر ئەکەن بە شتی خراپو موخالیف بۆ دینی ئیسلام وە مەنعی کاری باش ئەکەن ، بە پێچەوانەی خووی موسوڵمانی ساغ ، وە دەستیان ئەقونجێنن لە کەرەمو سەرفی ماڵ ، خودایان فەرامۆش کردوە ، نە یادە بە دڵو نە باسە بە زمان ، خودایش ئەوانی پاش خستوە ، بە ڕاستی مونافیقەکان ئەوانن لە ئایین خاریجو لە یاسا دەرچو •

★ (وعَدَ اللهُ المُنافِقِينَ والمُنافِقاتِ والكُفَّارَ نارَ جَهَنَّمَ خالِدِينَ فِيها هِيَ حَسْبُهُمْ ولَعَنَهُمُ اللهُ ولَهُمْ عَذابٌ مُقِيمٌ) (٦٨) ★

خودا بڕیاری داوە بە وێنەی وەعدەی حەق بۆ پیاوانی بە زمان موسوڵمانی بە دڵ کافر وە بۆ ژنانی وەها ئاگری دۆزەخ کە حاڵیان وەها بێ دەوامدار بن لە ناویا وە ئەو ئاگرە کافیەو بەسە بۆ ئەوان وە خودا ئەوانەی دوورخستوەتەوە لە ڕەحمەتی خۆی وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی دامەزراوی نەبڕاوە •

★ (كَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَانُوا اَشَدَّ مِنْكُمْ قُوَّةً واَكْثَرَ اَمْوالاً واَوْلاداً ، فاسْتَمْتَعُوا بِخَلاقِهِمْ ، فاسْتَمْتَعْتُمْ بِخَلاقِكُمْ ، كَمَا اسْتَمْتَعَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ بِخَلاقِهِمْ ، وخُضْتُمْ كَالَّذي خاضُوا ، اولئِكَ حَبِطَتْ اَعْمالُهُمْ في الدُّنْيا والآخِرَةِ واولئِكَ هُمُ الخَاسِرونَ) (٦٩) ★

واتە ئێوە ئەی ئەهلی کوفرو نیفاقو ئەهلی طوغیانو لادان لە حەق وەکو ئەو کافرانەن لە زەمانی پێشوودا کە ئەوان بەهێزتر بوون لە ئێوە لە دەستەلاَتا ، لە زاڵبوون بەسەر ولاَتا ، لـە داراییو ئیعتیبارا لـە کاتی هاتو نەهاتا وە لە نەتەوەو خزمو خوێش کە گردەوە ئەبوون لە کارەساتا وە ئەوانە بە ئارەزووی دڵی خۆیان خۆشییان وەرگرت بە بەشی خۆیان وە لەو کاتەیشا کە حسێبیان هاتە پێشەوە کەوتنە بەر چەپۆکی سەرئێشانو بـەر بای ریشەکێشان بـە شێوەیێ کەس فریای کـەس نەکەوت هـەتا شوێنەواریان لە جیهانا نەما •

ئێوەیش بە وێنەی ئەوان خۆشیتان وەرگرت لە دنیای خۆتان وەکو ئەوانە لە پێش ئێوەدا بەشی خۆیان وەرگرتو رۆچوون بە هەموو دەریای نیعمەتێکدا وەکو چۆن ئەوان رۆچوون لە جاهوشاناو لە چێشتو نانا وە لە دەستوەشانن لە داماوانو لە نافەرمانی پیاوە پیرۆزەکانا • جا ئەو دوو چینە کە باس کران لە کۆنو تازە ئەوانەیان هەر بە هەواوە مانەوە هەتا بای قاری خودا بردنی کردەوەکانیان پووچو بێ بایەخ مایەوە لـە دنیاو قیامەتاو ئەوانە هەموو زیانبارو بێ ئەنجامن •

جا بۆ ئه‌وه که ئه‌و ئایه‌ته به هه‌یبه‌ت نه‌بێ بـه حه‌واڵه له‌سه‌ر شتی نادیاری خـودا بازێ لـه‌و کۆمه‌ڵه ناهه‌موارانه‌ی هێنـایه پێش چاویان‌و فه‌رمووی :

★ (أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ؟ قَوْمِ نوحٍ وعادٍ وثَمودَ وقَوْمِ إبْراهِيمَ وأَصْحابِ مَدْيَنَ والمُؤْتَفِكاتِ اَتَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ فَمَا كانَ اللهُ لِيَظْلِمَهُمْ ولكِنْ كانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمونَ) (٧٠) ★

واتـه : ئایا نه‌هاتووه‌ته لای ئـه‌م موونافیقانی ناوی مه‌دینه هه‌واڵی کاره‌ساتی ئه‌و کافرانه که له پێش زه‌مانی ئه‌وانا بوون ؟ که بریتین لـه قه‌ومی نووح‌و له قه‌ومی صالح که قه‌بیله‌ی (ثه‌موود)ه‌و ؛ له قه‌ومی هوود که قه‌بیله‌ی عاد بوون‌و ، له قه‌ومی ئیبراهیم که ده‌سته‌و به‌سته‌ی نه‌مروود بوون له عیراقا ، وه له قه‌ومی (شعیب) که ئه‌هلی (مدین) بوون له (ئه‌رده‌ن)دا ، وه له کۆمه‌ڵی (لوط) که له (مؤتفکات) بوون واته له‌و ولاته‌دا بوون که ژێره‌وژوور بو به سه‌ریانا وه به‌رده‌باران کران ئه‌مانه هـه‌موویان پێغه‌مه‌ره‌کانیان هـاتن بۆ سـه‌ریان وه لـه لایـه‌نی خوداوه ئامۆژگارییان کـردن‌و داوای ریساله‌تی خۆیان ئیسبات کـرد بـه چـه‌ن موعجیزاتێکی خاریج له یاسای رۆژو زه‌مان که‌چی هه‌ر که‌چره‌وییان کردو خودایش له تۆڵه‌ی ئه‌وه‌دا به‌ربادی کردن ، جا بزانن خودا له‌وانه نه‌بو که سته‌م بکا له‌وانه به‌ڵام ئه‌وان سته‌میان له خۆیان کرد .

★ ★ ★

گەلی (نووح) فەوتان بە تۆفانی ئاو
ریشەکەن کران لە عەرزا تەواو
(عاد) وا بەرباد بوون بە بای قاری حەق
ئاساریان نەما لە عەرزا موطلەق
(ثەموود) بە هێزی بای بومەلەرزە
ئاساریان نەما لەو بووم‌و عەرزە
قەومی (ئیبراهیم) لەشکری نەمروود
بە فەنادا چوون وێنەی تۆزو دوود
کۆمەڵەی شوعەیب بە گڕەی گەرما
سووتان‌و فەوتان ئاساریان نەما
قەومی (لوط) وەها ژێرو ژوور کران
بوون بە حیکایەت بۆ ئەهلی جیهان
پێشتر لەمانەیش بە وێنەی ئەمان
فەوتان ، کە دەرچوون لە یاسای یەزدان
ئەم رووی جیهانە دادگای خەڵقە
جەزای تاوانبار فەرموودەی حەقە
کەس زانا نیە بە سوپای خودا
لە ژێرەوە دێن یا لە لای سەردا
لە نیوەڕۆدا یا بۆ نیوەشەو :
ئەو کاتەی مرۆڤ مەس بوە بە خەو
بە ئاو ، یا ئاگر ، یا بەردەباران
یا خۆ بە هەرەس لە رووی کۆساران
یا بە گرانی‌و دەردی قاتە ساڵ
یا بە ناساغی بێ وێنەو میساڵ

یا بە هێرشی سوپای ستەمگار
یا بە گازی هار ، یا بە ژاری مار
یا هەر خۆبەخۆ بەر بین لە خۆ
ریشەی یەك دەرکەن لە ساراو لە کۆ
هەموو ئامادەن بۆ پەڕەی فەرمان
قەت غافڵ مەبن ئامان صەد ئامان
مەڵێن کارەسات بە پێی وڵاتە
هاتو نەهاتی رووی سەربساتە
ئەو دەردە خودا ئەینێرێ بۆتان
ئێتە جێ بۆتان بە دەستی خۆتان
لەسەر بەراورد گەلی خودا ناس
ئەژین بە بێ ژان بە بێ دەنگو باس
کاتێ دەسیان کرد بە ناسوپاسی
بە ستەمکاری‌و بە حەق نەناسی
وا لێیان ئەدا شەپلاخەی قەزا
باسیان گوم ئەکا لەسەر رووی عەرزا
بە دەستی کەسێ ئەفەوتێن بە شەو
کە کەس نەیدیوە ئەو دەستە بە خەو
هەناسەی ساردی پیاوی لێقەوماو
یا تاوی دڵی پیاوێکی داماو
ئەو ئەبێ بە بای ساردی زەمهەریر
ئەم بە سەبوونی گەرمی پڕ تەئسیر

ئەو وێنەی شەڵتە لە بۆ کشتوکاڵ
ئەم وەکو شەرای مەرەزەی بەرماڵ
هۆی لێقەومانی گەلانی جیهان
بازێ دیارەو بازێکی پەنهان
ئەوەی دیارەو تۆ پێی نازانی
بە گژ یەکا چوون بە نائینسانی
ئەوەی بەدترە لای زاتی ئەقدەس
ستەمکاریە لە پیاوی بێ دەس
پەنهانەکانی بۆ ناو ئەهلی دین
کوفری خودایە بیزانە یەقین
لە خوار کوفرەوە هەر بایی‌بوونە
بایی کوێرێکی بێ رەهنموونە
ئەمەی حاڵی بو (نامی) لە ژینا
ون نابێ رێڕەو بە رێگەی دینا

★ ★ ★

★ (والْمُؤْمِنُونَ والمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ اَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ؛ يَاْمُرُونَ بِالمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ، وَيُقِيمُونَ الصَّلٰوةَ ، وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ ، وَيُطِيعُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ ، اولٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللهُ ، إِنَّ اللهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٧١) ★

وە موسوڵمانە ساغەکان ، لە پیاوو ژن ، بازێکیان دۆستی بازێکیانن ، واتە هەر بازێکیان دۆستی هەر بازێکە تەماشای بکەی بە بێ جیاوازی ؛ چونکە رشتەی پەیوەندی ئەوانە لە ناو خۆیانا ئیمانە ، وە حاڵی ئەمانە

وەهایە ئەمر ئەکەن بە واجبو سونەتو نەهی ئەکەن لە حەرامو مەکرووە بە نیسبەتی خەڵکەوە ، وە بە یاسای شەرع نوێژەکان بەجێ دێننو زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بە موستەحەقانو لە هەر کارێکدا روو بدا فەرمانی خوداو پێغەمەری خودا بەجێ دێنن ، جا ئەمانە بە راستی خودا میهرەبانییان لەگەڵدا ئەکا ، بێگومان خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیداو خاوەن حیکمەتە لە کردەوەدا .

★ (وعَدَ اللهُ المُؤْمِنِينَ والمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ومَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ورِضْوَانٌ مِنَ اللهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الفَوْزُ العَظِيمُ) (٧٢) ★

خودای تەعالا بە میهرەبانیو ئیحسانی خۆی وادەی داوە بەموسوڵمانە ساغەکان ، پیاوو ژنیان ، کە چەن بەهەشتێکیان پێ ئەدا جۆباری جوانی گەوارا لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا رەوان ئەبێو حاڵیشیان وایە هەتا هەتایە ئەمێننەوە تیایانا ، وە لەو بەهەشتانە زیاتریش وادەی داوە کە چەن نیشتمانی پاکی رووناکی چاکیشیان پێ ئەدا لە پایەی ئەو چینەدا کە ناوی (جنات العدن)ە ، وە رەزای خودا لەوان کە بەشی ئەوانە لە هەموو پایەکان گەورەترو بە نرخترە ، وە ئەم پایە زۆر گەورەیە لای خودا ؛ چونکی مایەی هەمو پایەیەکە .

لە فەرموودەی حەزرەتایە ـ د ـ خودا ئەفەرموێت بە ئەهلی بەهەشت : ئایا رازی بوون بەوەی کە پێتان دراوە ؟ ئەڵێن : خودای ئێمە ! چۆن رازی نەبین کە تۆ ئەوەندەت پێداوین کە بە کەست نەداوە ، جا خودا ئەفەرموێت : من لەوانە زیاتر شتێکتان ئەدەمێ کە بریتیە لە رەزای خۆم لە ئێوە .

★ (يا اَيُّها النَّبِيُّ جاهِدِ الكُفَّارَ والمُنافِقِينَ واغْلُظْ عَلَيْهِمْ ومَأْويهُمْ جَهَنَّمُ وبِئْسَ المَصِيرُ) (٧٣) ★

ئە پێغەمەری پایەدار جیهاد بکە لەگەڵ کافرە ئاشکراکان بە تیرو شیر وە لەگەڵ مونافیقەکانا بـە ئامۆژگاریو ئیلزامی دەلیل وە لەمەولا زبری بەکار بێنە لەگەڵیانا ؛ چونکی ٠

لەئیم بە نەرمی لێت ئەبێ بەمار ،
کەریم بە ئیکرام بۆت ئەبێ بە یار

وە ماوای پاشەڕۆژی ئەمانە دۆزەخەو زۆر جێگەیەکی خراپە ٠

فەرموودەی خودا : (یحلفون باللّه ما قالوا ٠٠٠)

لە هۆی نازڵبوونی ئەم ئایەتەوە تا جوملەی (وهموا بما لم ینالوا) فەرموویانە : حەزرەت ـدـ مایەوە لە قەرارگای تەبووکدا نزیکەی دوو مانگ وە قورئان ئەهاتە خوارەوە بۆ سەری وە پاشکەوتوەکانی عەیبدار ئەکرد لەوێدا (جلاسی کوڕی سوید) کە لە مونافیقەکان بو لەو کاتەدا وتی : ئەگەر ئەم قسانە کە محەمەد دەربارەی برادەرەکانمان ئەیڵێت راست بن ئەبێ ئێمە لە حەیوان خراپتر بین ! وە بازێ قسەی تری کرد ، جا ئەمانە گەیشتن بە حەزرەت ـدـ ئەویش ناردی بە شوێنیاو سەرزەنشی کرد ، ئەویش سوێندی خوارد کە ئەو قسانەی نەکردوە ، وە ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە شانیا جا (جەلاس) تۆبەی کردو لەسەر ئیسلامیەتی ساغ دەوامی کـرد ٠

وە لە بەیانی (وهموا بما لم ینالوا)دا ریوایەت کراوە کە پازدە کەس لـە مونافیقەکان بڕیاریان دا کـاتێ گەڕانەوە لـە تەبووك پێغـەمەر لـە وشترەکەی بخەنە خوارەوە لە شەواو بیکوژن ، وە لـە نزیکی مەدینەی مونەووەرەدا کە هاتنەوە شەو ئەو کۆمەڵە هاتن بۆ نزیکی حەزرەت بەو خەیاڵەوە کـە وتمان ، کاتێ دەنگیان هات حوزەیفە ئاگادار بوو دەنگی دان ئەوانیش رایان کردو بە مەبەستی خۆیان نەگەیشتن •

هـەروا جەلاس وەختی خۆی گـەدا بو لە دواییدا عـەبدێکی بوو کوژراو حەزرەت دیەی ئەو عەبدەی بۆ وەرگرت کە پازدە هەزار درەم بو وە کابرا دەوڵەمەند بو • جـا خودای تەعـالا بەرابەر بـەم رووداوانە ئەفەرموێت :

★ (يَحْلِفونَ بِاللهِ : ما قَالُوا) : ★

ئەو مونافیقانە سوێند ئەخۆن بە خودا کە ئـەو قسە ناشیرینانەیان نەکردوە •

★ (ولَقَدْ قالُوا كَلِمَةَ الكُفْرِ وكَفَروا بَعْدَ إسْلامِهِمْ) : ★

وە بە راستی واتەی کوفریان بە دەمدا هات وە لە پاش ئەوە کە زوو ئیسلام بوون کافر بوون •

★ (وهَمّوا بِما لَمْ يَنالُوا) : ★

وە قەصدی کارێکی ناهەمواریان کرد وەکو کوشتنی حەزرەت بێ بەڵام پێی نەگەیشتن •

★ (وما نَقَمـُوا إلاّ اَنْ اَغـْناهـُمُ اللهُ ورَسولـُهُ مِنْ فَضْلِهِ) ★

وە ئەمانە رەخنەیان نەبو لەو کردەوە چاکە نەبێ کە بریتیە لەوە خودا دەوڵەمەندی کردن لە کەرەمی خۆی لە پاش گەدایی‌و بێ دەستی •

★ (فَاِنْ یَتـُوبـُوا یَكُ خَیْراً لَهـُمْ) ★

جا ئەگەر ئەمانە تەوبە بکەن لەم نەوعە شتە ناپەسەندانە ئەوە زۆر باشتر ئەبێ بۆیان •

★ (وإنْ یَتَوَلـَّوْا یُعـَذِّبْهـُمُ اللهُ عـَذاباً اَلیماً في الدُّنْیا والآخِرَةِ) ★

وە ئەگەر پشت هەڵبکەن لە تەوبەو لە ساغی خودا سزایان ئەدا بە سزایەکی نابار لە دنیادا وە لە پاشەرِۆژا •

★ (وما لَهـُمْ في الاَرْضِ مِنْ وليٍّ ولا نَصیرٍ) (٧٤) ★

وە لەسەر عەرزا دۆستێکیان نابێ وە کەسێ نابێ کە یارمەتی ئەوان بدا وە رزگاریان بکا لە سزای خودای تەعالا •

★ (ومِنـْهـُمْ مَنْ عاهَدَ اللهَ : لَئِنْ آتینا مِنْ فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ ولَنَکـُونَنَّ مِنَ الصّالِحینَ (٧٥) فَلَمـّا آتیهـُمْ مِنْ فَضْلِهِ بَخِلـُوا بِهِ وتَوَلـَّوْا وهـُمْ مُعْرِضونَ) (٧٦) ★

وە لەوانەیە کە دێن بۆ لای تۆ کەسێ کە عەهدو پەیمان ئەکا لەگەڵ خودا لەسەر دەستی تۆدا وە سوێند ئەخوا : ئەگەر خودا لە ماڵی دنیای پێ بدا بە تەواوی زەکاتی ماڵەکەی دەرئەکا ، وە یەکێ ئەبێ لە پیاوە باشەکانی جیهان •

کەچی کاتێ ماڵی پێدان لـە کـەرەمی خۆی ، رژدییـان کـردو زەکاتەکەیان نەداو پشتیان هەڵکرد لـە حەق و بـە تەواوی لایان دا لـە واجیبات •

★ (فاَعْقَبَهُمْ نِفاقاً في قُلوبِهِمْ الى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِما اَخْلَفُوا اللهَ ما وَعدُوهُ وبِما كانوا يَكْذِبُونَ) (٧٧) ★

جا خودای تەعالا بە هۆی ئەو پشتهەڵکردنیانەوە نیفاق و دوودڵی دامەزراند لە دڵیانا وە ئەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتە ئەگەن بە خودا بە هۆی ئەوەوە کە خیلافی وەعدەیان کرد لەگەڵ خودادا وە بە هۆی ئەوەوە کە بە درۆزن دەرچوون لەو وەعدەدا دایان بە خودا •

★ (اَلَمْ يَعْلَموا اَنَّ اللهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ ونَجْويهُمْ واَنَّ اللهَ علاّمُ الغُيوبِ ؟) (٧٨) ★

ئایا ئەوانە عالم نەبوون بەوە کە خودای تەعالا ئاگادارە لەوەی وا لە دڵیانا لە نیفاق و دوودڵی لە ئیسلامیەتا وە لەوەی کە بە وتووێژ ئەیکەن لە ناو خۆیانا لە تانەدان لە حەزرەت و لە یارەکانی وە بەوە کە خودا بـە راستی زانای هەموو سیرڕێکی پەنامەکیە ؟

ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە (ثعلبە)ی کوڕی (حاطب)دا کە کاتی خۆی گەدا بوو وە هات بۆ لای حەزرەت ـدـ عەرزی کرد : دۆعام بۆ بکە کە خودا ماڵم پێ بدا منیش واجبی خۆم بەجێ دێنم ، حەزرەت ـدـ فەرمووی : ماڵی کەمی وا ئینسان سوپاسی خودای لەسەر بکا چاکترە لە ماڵێکی زۆری وا کە ئینسان نەتوانێ حەقی بەجێبێنێ • ئەویش هـەر پاڕایەوە لە حەزرەت و عەهدی کرد لەگەڵیا : ئەگەر ماڵێکی زۆری دەست

بکەوێ واجباتەکەی بەجێ دێنێ • جا حەزرەت دۆعای بۆ کرد وە پاش ئەوە خودا ئەوەندە ماڵیاتی پێدا لـە وشترو مەڕو بزن کـە دەرو دەشتی پڕ کرد •

وە دوای ئـەوە حەزرەت دوو کەسی نارد بۆ لای ئـەوو بۆ لای خـەڵکی بۆ زەکـات وە خـەڵکـەکە هـەموویان ئیسـتیقبالیان کـردو زەکاتیان دا بەڵام (ثعلبە) دەستی کرد بە راوەڕێوی وتی : ئەمە کە ناوتان ناوە بـە زەکات سەرانەیە ، وە رەوا نیە ئینسانی ئازاد ئەم سەرانە بدا ! ئەوانیش هاتنەوەو قسەکانی (ثعلبـە)یان بۆ حەزرەت گێڕایەوەو ئـەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە ، جا (ثعلبە) هات بۆ لای حەزرەتو زەکاتەکەی بۆ هێنا ، بەڵام حەزرەت وەری نەگرتو فەرمووی : خودا مەنعی کردووم لەوە کە زەکاتت لێوەربگرم ، ئەویش بازێ گڵی کرد بەسەر خۆیاو وتی : ئەمە ئەنجامی کردەوەی خۆمە • وە پاش وەفاتی حەزرەت زەکاتی هێنا بۆ ئەبوبەکر ، ئەویش وەری نەگرت ، وە پاش ئـەو هێنای بۆ عومەر ، ئەویش وەری نەگرت • تا لـە زەمانی عوثمانا مردو رۆیشت بە رێگەی خۆیا •

خوداوەند لەسەر ئەڕوانێ بۆ دڵ
ئەزانێ خارە یا خۆ پەڕەی گوڵ
کەمی دڵپاکان زۆرەو بێ خەوشە
ئەنوێنێ وێنەی پەڕەی وەنەوشە



فەرموودەی خودا : (الذين يلمزون ...)

لە هۆی نوزوولی ئەم ئایەتەوە ریوایەت کراوە کە رۆژێ حەزرەت ـدـ زۆر تەرغیبی موسوڵمانەکانی دا لـە سەر صەدەقەو خێرات لەوێدا (عەبدورەحمانی کوڕی عەوف) چوار هەزار درەمی هێناو عەرزی کرد : کە هەشت هەزار درەمم بوە چوار هەزارم دا بە قەرز بە خودای تەعالاو چوار هەزاریشم راگرتوە بۆ ماڵو خێزانی خۆم . جا حەزرەت فەرمووی : خودا بەرەکەت بخاتە ناو ئەوەی کە هێناتو لە ناو ئەوەیشدا کە راتگرتوە بۆ خۆت . وە پاش ئەوە خودای تەعالا داراییەکی زۆری پێدا ، وە کاتێ کە وەفاتی کرد دوو ژنی هەبوو ، یەکێ لەو دوو ژنە صوڵحی کرد لەسەر نیوەی هەشتیەکی خۆی بە هەشتا هەزار درەم ، وە لە ریوایەتێکدا چوار ژنی بوون وە یەکێ لەوانە (تماضر) ناو صوڵحی کرد بەو ئەندازە . وە (عاصمی کوڕی عەدی) صـەد ویسق خورمای هێنا ، وە ویسق باری وشترێکە وەکو لە حاشیەی (مهذب)دا لە کیتابی زەکاتا فەرموویەتی . وە ئەبو عەقیلی ئەنصاری تاقە صاعێ خورمای هێنا ، وە وتی : (یا رسول الله) ئیمشەو بە حەیوان ئاوم کێشاوە بە دوو صاع خورما وا صاعێکم هێناوە بۆ صەدەقە ، وە حەزرەت ـدـ ئەمری کرد ئەو صاعەیشیان کرد بەسەر صەدەقەکەدا .

وە عادەتی مونافیقەکانیش وا بو هـەرکەسێ لـە کاتی خێراتا شتی زۆری بهێنایە ئەیانوت : ئەمە بۆ ریاو بەرچاوی وا ئەکا ، وە هەرکەسێ کەمی بهێنایە ئەیانوت : خودا چ موحتاجی ئەم شتە بێ قیمەتەیـە ؟! وە گاڵتەیان پێ ئەکرد .

جا خودای تەعالا ، بۆ رەدی قسەی ئەم بێ شوعوورانە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە فەرمووی :

★ (الَّذِينَ يَلْمِزُونَ المُطَّوِّعِينَ مِنَ المُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ) ★

ئەو کەسانە کە عەیب ئەگرن لەو موسوڵمانانە کە صەدەقات ئەدەن لە ڕێگەی خودادا •

★ (والَّذِينَ لا يَجِدُونَ إلاَّ جُهْدَهُمْ) ★

وە ئەو مونافیقانەیش کە رەخنە ئەگرن لەو موسوڵمانانە کە ماڵی دنیایان دەست ناکەوێ بیدەن لە ڕێگەی خودادا مەگەر ئەوەی کە بە رەنجی شان پەیدایان کردوە •

★ (فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ) ★

وە گاڵتەیان پێ ئەکەن •

★ (سَخِرَ اللهُ مِنْهُمْ ولَهُمْ عَذابٌ أَلِيمٌ) (٧٩) ★

ئەوە خودای تەعالا گاڵتەیان پێ‌ئەکاو لە ڕۆژی قیامەتا سزایەکی سەختیان هەیە •

چونکی خودای تەعالا داوای شتی خاریج لە تەواناو تاقەت ناکا . وە هەرکەسێ هەر شتێك بدا بە دڵساغیو دڵسافی لە ڕێگەی خودادا ئەوە خودا لێی قەبووڵ ئەکا • وە ئەو مونافیقانە گاڵتەکردنو رەخنەگرتنەکەیان لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە ئیمانو باوەڕیان بە قورئانی پیرۆز نیە ، ئەگەرنا کەمو زۆر لەگەڵ ئیخلاصدا بە خێر ئەژمێرێ •

فەرموودەی خودا : (استغفر لهم أو لا تستغفر ...)

ریوایەت کراوە هۆی نازڵبوونی ئەم ئایەتە ئەوە بـوە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول ـ سەرۆکی مونافیقەکان ـ نەخۆش کەوت وە عەبدوڵڵا کوڕی ئەم عەبدوڵڵا کە یەکێ بو لە ئەصحابە راستەکان هات بۆ لای حەزرەت کـە دۆعای عەفوو لێخۆشبوون بکا بۆ باوکی ، وە حەزرەت دەستی کرد بە دۆعاکردن بۆی ، وە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ، جا حەزرەت فەرمووی : من لە حەفتا جار زیاتر ئیستیغفاری بۆ ئەکەم ، جا ئەم ئایەتەی تر نازڵ بو کە ئەفەرموێ : (سواء عليهم استغفرت لهم ام لم تستغفر لهم لن يغفر الله لهم) خودا ئەفەرموێت :

★ (إِسْتَغْفِرْ لَهُمْ اَوْ لا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ) ★

ئارەزووی خۆتە داوای لێخۆشبوون بکە بۆیان یا مەیکە ، ئێمە مانیع نابین لەو داوایە ، یاخود بێ سوودن .

★ (إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَهُمْ) ★

ئەگەر حەفتا جار داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەی خودا لێیان خۆش نابێ بە هیچ جۆرێ .

★ (ذلِكَ بِاَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللهِ وَرَسولِهِ واللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الفَاسِقِينَ) (٨٠) ★

ئەمەیش کە خودا لێیان خۆش نابێ بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوانـە کوفری خوداو پێغەمەری خودایان کردوە ، وە خودا هیدایەتی ئەو قەومە

نادا کە لەسەر ئەساسی عەنادو سەرکێشی دەرچوون لە ڕێگەی ڕاساڵی‌و ئیسلامیەتیان وەرنەگرت •

★ (فَرِحَ الْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلافَ رَسُولِ اللهِ) ★

کەیف‌خۆش بوون ئەو کەسانە کە نەڕۆیشتن بۆ غەزای تەبووك‌و لە مەدینەدا مانەوە لە پاش سەفەری حەزرەت‌و یارەکانی •

★ (وكَرِهُوا اَنْ يُجاهِدُوا بِاَمْوالِهِمْ واَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللهِ) ★

وە حەزیان نەکرد لەوە کە جیهاد بکەن لە ڕێگای خودادا بە ماڵ‌و نەفسی خۆیان بۆ ئەوە کە ڕەزای خودایان دەست بکەوێ •

★ (وقالُوا : لا تَنْفِرُوا فِي الحَرِّ) ★

وە بازێکیان ئەیانوت بە بازێکیان : لەم کاتی گەرمای ناهەموارەدا لە جێگەی خۆتان دەرمەچن •

★ (قُلْ : نارُ جَهَنَّمَ اَشَدُّ حَرّاً لَوْ كانُوا يَفْقَهُونَ) (٨١) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیـان بڵێ : کە ئاگری دۆزەخ گەرمترە لە گەرمای هاوین ، ئەبو ئێوە بۆ خۆپارازتن لەو گەرما بە تینەی دۆزەخ ئەم گەرما سووکەتان قەبووڵ بکردایە • وە یاخود مادام نەچوون بۆ غەزای تەبووك لە ترسی گەرمای بەتین ئێوە ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە کە زۆر لەم هاوینە گەرمە گەرمترە ، ئەگەر ئەو مونافیقانە بەم کارەیان بزانیایێ ئەم سەفەرەیان تەرك نەدەکرد •

★ (فَلْيَضْحَكُوا قَلِيلاً وَلْيَبْكُوا كَثِيراً جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) (٨٢) ★

دەی با کەم پێبکەنن و زۆر بگرین لە قیامەتا لە جەزای ئەم وتارو کردەوەیاندا .

★ (فَإِنْ رَجَعَكَ اللهُ إِلى طَائِفَةٍ مِنْهُمْ فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُلْ : لَنْ تَخْرُجُوا مَعِيَ أَبَداً ، وَلَنْ تُقَاتِلُوا مَعِيَ عَدُوّاً) ★

ئەگەر گەڕایتەوە بۆ مەدینـــەی مونەووەرە بۆ لای تاقمێ لـــەو دواکەوتوانە کە لەبەر نیفاق دواکەوتن وە رێکەوت بۆ جەنگێکی تر بێن داوای ئیجازەت لێ بکەن بۆ دەرچوون بۆ جەنگ تۆ پێیان بڵێ :

بە قەطعی ئێوە لەگەڵ مندا دەرناچن بۆ جیهاد وە بە قەطعی جەنگ ناکەن لەگەڵ دوژمنەکانا .

★ (إِنَّكُمْ رَضِيتُمْ بِالْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ) ★

بە راستی ئێوە رازی بوون بە دانیشتن لەماڵی خۆتانا یەکەمجار .

★ (فَاقْعُدُوا مَعَ الْخَالِفِينَ) (٨٣) ★

دەی دابنیشن لەگەڵ پاشکەوتوەکانا .

★ (وَلا تُصَلِّ عَلى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَداً وَلا تَقُمْ عَلى قَبْرِهِ) ★

وە بە قەطعی نوێژ مەکە لەسەر هەرکام لـەو دواکەوتوانە کاتێ کە مرد وە لەسەر قەبرەکەی رامەوەستە بۆ دۆعاکردن بۆی وە یا بۆ ئیحتیرام و تەشییعی ، وە یا لە پاش ناشتنی .

★ (إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ) (٨٤) ★

چونکی ئەمانە کوفریان کردوە بە خوداو پێغەمەری خوداو ئەمانە مردوون لە حاڵێکدا لە دین دەرچوون •

ریوایەت کراوە : ئەم ئایەتە نازڵ بوو کاتێ کە حەزرەت کراسی خۆی دا بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بۆ ئەوە بیکەن بە کفن بۆ باوکی ، وە زیاد لەمە عەبدوڵڵا رجای کرد کە حەزرەت نوێژی جەنازەی باوکی بکا ، وە حەزرەت ویستی بڕوا بۆ نوێژکردن لە سەری جا ئەم ئایەتە مەنعی کرد لەوە نوێژ بکا لە سەری ؛ چونکی نوێژی جەنازە دۆعای عەفوکردنی تیایە بۆ مردوەکە وە کافر بۆ ئەوە ناشێ بەڵام مەنع نەکرا لە ناردنی کراسەکەی ؛ چونکی کراسناردن لە بابەتی سەخاوەتو کەرەمە ، وە زاتی وەکو حەزرەت مەنع ناکرێ لێی •

★ (وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَأَوْلَادُهُمْ) : ★

تۆ نەخاتە سەرسوڕمانەوە دارایی‌و زۆری نەتەوەی ئەم جۆرە کافرانە •

★ (إِنَّمَا يُرِيدُ اللهُ أَنْ يُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ) (٨٥) ★

چونکی خودای تەعالا هەر خواستی ئەوەیە کە ئەوانە بەو دارایی‌یە سزا بدا لە دنیادا بۆ خزمەتکردنی دارایی‌یەکە و ئەولادەکانو بۆ پاسیان تا ماون لە دنیادا وە گیانیشیان دەرچێ لە حاڵێکدا کە کافرن •

★ (وإذا اُنْزِلَتْ سُورَةٌ : اَنْ آمِنُوا بِاللهِ وجاهِدُوا مَعَ رسولِهِ اسْتَأْذَنَكَ اولُوا الطَّوْلِ مِنْهُمْ ، وقالُوا : ذَرْنا نَكُنْ مَعَ القاعِدِينَ) (٨٦) ★

وه كاتێ چه‌ن ئایه‌تێ بێنه خواره‌وه كه ئه‌مر بكه‌ن به ئیمان بـه خوداو ئه‌مر بكه‌ن به جیهاد له‌گه‌ڵ پێغه‌مه‌ری خودادا (د) ئه‌وانه‌یان كه خاوه‌ن دارایی‌و ده‌سته‌ڵاتن داوای ئیجازه‌ت لێ ئه‌كه‌ن‌و ئه‌ڵێن : وازمان لێ بێنه با ئێمه له‌گه‌ڵ دانیشتوه‌كانا له وڵاتا بمێنینه‌وه •

★ (رضُوا بِاَنْ يَكونُوا مَعَ الخَوالِفِ) ★

رازی بوون به‌وه كه له‌گه‌ڵ ژنان‌و منداڵ‌و پاشكه‌وتووان بن •

★ (وطُبِعَ على قُلوبِهِمْ فَهُمْ لا يَفْقَهونَ) (٨٧) ★

وه مۆر نراوه به‌سه‌ر دڵیانا خێری بۆ ناچێ ؛ وه ئه‌گه‌ر بۆی بڕوا تێی ناچێ ؛ جا ئه‌وان فامی قازانج‌و سوودی نه‌بڕاوه‌یان نیه •

★ (لكِنِ الرَّسولُ والَّذِينَ آمَنوا مَعَهُ جاهَدُوا بِاَمْوالِهِمْ واَنْفُسِهِمْ وَاولئِكَ لَهُمُ الخَيْراتُ واولئِكَ هُمُ المُفْلِحونَ) (٨٨) ★

به‌ڵام پێغه‌مه‌رو ئه‌و ئه‌صحابانه كه ئیمانیان هێناوه له‌گه‌ڵیا (واتـه ئیمانیان هێناوه‌و وان له خزمه‌تیا) ئه‌وانه جیهادیان كرد له ڕێگه‌ی خودادا به ماڵ‌و حاڵ‌و نه‌فسی خۆیان ، ئه‌مانه‌یان باخت كرد له بۆ به‌رزكردنه‌وه‌ی كه‌لیمه‌ی ته‌وحیدو ئه‌وانه خێرو پیرۆزییان هه‌یه‌و ، ئه‌مانه‌ن رزگار بوو له دنیـاو قیامه‌تا • بـه رووناكی دڵ لـه دنیادا صابیرن لەسـه‌ر زه‌حمه‌ت‌و

شاکیرن لەسەر نیعمەت ، وە بە هۆی دەوام لەسەر طاعەت لە قیامەتا رزگارو سەربەرزن •

★ (اَعَدَّ اللهُ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الاَنْهارُ خالِدِينَ فِيها ذلِكَ الفَوْزُ العَظِيمُ) (٨٩) ★

خودا ئامادەی کردوە بۆ ئەوانە چەن بەهەشتێ کە ئاوی روباری جوان لە ژێریانا رەوان ئەبێو ئەمانە نەمرن لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە • ئەمەیە گەیشتن بە پایەی گەورە بۆ هەر کەسێ خودا پێی بدا •

جا کاتێ خودای تەعالا باسی ئەو مونافیقانەی کرد کە لە مەدینەی مونەووەرەدا بوون هات باسی ئەو مونافیقانە ئەکا کە لە دەرەوەی مەدینەدا بوون وەکو قەبیلەی (اسد)و (غطفان) • کاتێ حەزرەت (د) بانگی کردن بۆ غەزای تەبووك هاتن عوزریان هێنایەوە بە چەن جۆر ؛ یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە ئەگەر شوێنی خۆیان بەجێ‌بێڵن دوژمنەکانیان دێن بەسەریانا ، وە یەکێ لەوانە ئەوە بو کە ولاخی سوارییان نیە ، وە زۆربەی ئەم خاوەن عوزرانە درۆیان ئەکردو بازێکیان راست بوون ، وە خودای تەعالا زەمی خراپە درۆزنەکانیان ئەکاو فەرمووی :

★ (وجاءَ المُعَذِّرونَ مِنَ الاَعْرابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وقَعَدَ الَّذِينَ كَذَبُوا اللهَ ورَسولَهُ) : ★

ئەو کۆمەڵە کە عوزریان هێنایەوە لە خزمەت پێغەمەرا هاتن بۆ لای لە بەر ئەوە ئیجازەیان پێ بدا بۆ دانیشتن لەماڵی خۆیاناو نەیەن بۆ غەزا ، وە فیعلەن دانیشتن لە جێگەی خۆیانا ، ئەو کەسانە کە درۆیان کرد لەگەڵ خوداو پێغەمەری خوداداو بە درۆ عوزریان هێنایەوە •

★ (سَيُصِيبُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذابٌ اَلِيمٌ) (٩٠) ★

بە راستی ئەگا بەو کەسانە کە کافر بوونو عوزرەکەیان لەسەر ئەساسی بێ ئیمانی بوو سزایەکی نابار لە دنیادا بە کوشتنو بەڵای دنیاییو لە قیامەتا بە ئاگری دۆزەخ •

★ (لَيْسَ عَلى الضُّعَفاءِ ولا عَلى المَرْضى ولاَ عَلى الَّذِينَ لا يَجِدونَ ما يُنْفِقونَ حَرَجٌ إذا نَصَحُوا لِلّهِ ورَسولِهِ) ★

نیە لەسەر ئەوانە لاوازن لە لەشاو لەسەر ئەوانە کە نەخۆشنو لەسەر ئەوانە کە دارای ماڵێ نین سەرفی بکەن لە رێگەدا لەسەر ئەمانە هەموو تاوان نیە بـــە مەرجێ کە ساغبنو ئیخلاص بەجێ بێنن لەگەڵ خوداو پێغەمەراو لە کاتی خۆیا یارمەتی دینی ئیسلام بدەن •

★ (ما عَلى المُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ) ★

هیچ رێگایێ نیە لەبو عیتابو ئازاردانی دڵ بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن چاکەن بە قەی ئیمکان •

★ (واللّهُ غَفورٌ رَحِيمٌ) (٩١) ★

ود ئەگەر شتێکی جوزئیش ببێ لە عەیب بۆ ئەو کەسانە خـــودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

★ (ولا عَلى الَّذِينَ إذا ما اَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ : لا اَجِدُ ما اَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوْا واَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَناً اَلاَّ يَجِدوا ما يُنْفِقونَ) (٩٢) ★

هەروا تاوان نیە لەسەر ئەوانە کاتێ هاتن بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کـە

هەڵیانبگری لەسەر (نعال)و سۆلی سووك ـ واتە پێڵاویان بدەیتێ بیکەنە پێیان ـ تا پێخاوس نەبنو بێن بۆ جیهاد وە تۆیش فەرمووت : هیچ شتێك نابەم لەو جۆرە شتانە کە ئێوەی لەسەر هەڵبگرم نە حەیوانی سواریو نە نەعلو کەوش ، لەو کاتەدا لــە دڵپڕیدا پشتیان هەڵکردو چاوەکانیان فرمێسکی ئەڕشت لە دڵگرانیدا لەبەر ئەوە کە شتێ وایان دەس نەکەوت سەرفی بکەنو بە هۆی ئەوەوە بچن بۆ جیهاد •

ریوایەت کراوە کە : حەوت کەس لە ئەنصار هاتن بۆ لای حەزرەتو داوای کەمتر یارمەتیو کەمتر ئەسبابیان کرد بۆ خۆیانو حەزرەت مەجالی نەبوو ئەوانیش لە دڵپڕیدا گریان ! ئەمانە : (معقل)ی کوڕی (یسار)و (صخر)ی کوڕی (خنساء)و (عبدالله)ی کوڕی (کعب)و (سالم)ی کوڕی (عمیر)و (ثعلبه)ی کوڕی (غنمه)و (عبدالله) کوڕی (مغفل)و (علبه)ی کوڕی (زید) بوون لە ئەنصاری مەدینەی مونەووەرە •

وە بازێ وتوویانە : ئەوانە ئەولادەکانی (مقرن) بوون (معقل)و (سـویـد)و (نعمــان) • وە بازێ وتوویانە : ئەبو موساو رەفیقەکانی بوون •

★ (إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَاءُ رَضُوا بِأَنْ يَكُونُوا مَعَ الْخَوَالِفِ وَطَبَعَ اللهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) (٩٣) ★

تاوانباری هەر لەسەر ئەوانەیە کە دێن داوای ئیجازەی پاشکەوتن ئەکەن لە تۆو کەچی دەوڵەمەندنو رازی بوون بــەوە کە لەگەڵ ژنو منداڵانا بن وە خودا مۆری داناوە لەسەر دڵی ئەوان ئیتر ئەوانە زانا نابن بە ڕێگەی پیرۆزیو بەختیاری خۆیان •

★ (يَعْتَذِرونَ إلَيْكُمْ إذا رَجَعْتُمْ إلَيْهِمْ) ★

عوزرتان بۆ دێننەوە کاتێ هاتنەوە بۆ لایان •

★ (قُلْ : لاَ تَعْتَذِروا ! لَنْ نُؤْمِنَ لَكُمْ) : ★

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : عوزرمان بۆ مەهێننەوە ! ئێمە ئیتر باوەڕ بە ئێوە ناکەین •

★ (قَدْ نَبَّأَنا اللهُ مِنْ اَخْبارِكُمْ) ★

خودای تەعالا بە راستی ئەحواڵی ئێوەی بۆ گێڕاوینەتەوە ، دیاریو پەنامەکی •

★ (وسَيَرَى اللهُ عَمَلَكُمْ ورَسولُهُ) ★

لەمەولا خوداو پێغەمەری خـودا کردەوەکانی ئێوە ئەبینن ، مادام راست بکەنو رووتان لە راستی بێ دەرئەکەوێ ئیتر ئیستە پێویست بە عوزر نیە •

★ (ثُمَّ تُرَدّونَ إلى عالِمِ الغَيْبِ والشَّهادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) (٩٤) ★

ود لە پاش ئەوە کە مردن ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو خودا کە زانایە بە ئەسراری پەنامەکیو شتی دیاریو لە پاش حسێبی رەفتارەکان خەبەرتان پێ ئەدا بە جەزای ئەوەی کردووتانە •

★ (سَيَحْلِفونَ بِاللهِ لَكُمْ إذا انْقَلَبْتُمْ إلَيْهِمْ لِتُعْرِضوا عَنْهُمْ) ★

بە هێزو قووەت سوێندتان بۆ ئەخۆن بە خوا کاتێ گەڕانەوە بۆ لایان ، ئەو سوێندەیش بۆیە ئەخۆن کە ئێوە وازیان لێ بێنن •

★ (فاعْرِضُوا عَنْهُمْ إنَّهُمْ رِجْسٌ) ★

ئێوە واز لەوانە بێنن‌و لۆمەیان مەکەن بە راستی ئەوانە ناپاکن لە دڵداو لە بیرو باوەڕدا ، نە سوێندیان راستەو نە بە لۆمە بیر ئەکەنەوەو هەر جۆرە وتارێ لەگەڵ ئەوانەدا بێ بێ سوودە •

★ (ومأويهُمْ جَهَنَّمُ جَزاءً بِما كانُوا يَكْسِبُونَ) (٩٥) ★

وە ماواو مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخە لەبەر جەزادانەوەیان بەوەی کە ئەوان کردوویانە •

★ (يَحْلِفونَ لَكُم لِتَرْضَوا عَنْهُمْ ، فَإنْ تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإنَّ اللهَ لا يَرْضى عَنِ الْقَوْمِ الفَاسِقِينَ) (٩٦) ★

ئەوانە سوێندتان بۆ ئەخۆن بۆ ئەوە کە ئێوە لێیان رازی بن ، جا ئەگەر ئێوەیش لێیان رازی بن بە راستی خودا لێیان رازی نابێ ، چونکی ئەوانە لە دینا نەماون‌و لە یاسای حەق بەدەرن‌و خودایش رازی نابێ لە کۆمەڵی لە یاسای حەق دەرچوو •

★ (الأَعْرابُ أَشَدُّ كُفْراً ونِفاقاً وأَجْدَرُ ألاَّ يَعْلَموا حدودَ ما أَنْزَلَ اللهُ على رَسولِهِ واللهُ عَليمٌ حَكِيمٌ) (٩٧) ★

عەرەبی دەشتەکی هاتو کافر بوون کوفری ئەوان بەهێزترە لە کوفری هەموو شارستانیەکان ، وە ئەگەر مونافیق‌و دوو دڵو ناساغ بن ئەوە ئەو نیفاقی ئەوانە لە نیفاقی خەڵکی ئاوەدانی شارستانی ناشیرینترە ؛ چونکی

ئەمانە دوورن لـە شارستانیو قسەیان وشکەو زمانیـان زبرەو بۆ ئـەوە ناشێن ئینسان بیانکا بە (خصم)و جیدالیان لەگەڵدا بکا ، وە دوورن لە فامی دەلیل ، وە بەس بە زۆر یا خود بە ماڵی دنیا یاخود بەو تەقالیدە کە فێری بوون ئینسان ئەتوانێ لەگەڵیانا بژی ، وە هەموو ئەوانە زۆر شایاون بە نەزانینی سنوورو یاسای ئـەو دینە کـە خودا نازڵی کردوەتە سـەر پێغەمەری خۆی ، وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو تاقمێو بـە هەموو حاڵێو خاوەنێ حیکمەتە لە ڕەواداشتنی قسەکردن لەگەڵ خاوەن شعووراناو پارێزکردن لە نەفامانو نەزانان ٠

دەستارِ بە دەستی خەستەی بریندار

چاترە لە وتار بۆ پیاوی نابار

بزانن ! کـە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لـە شانی هۆزی (اسد)و (غطفان) لە عەرەبی دەشتەکی ٠ وە بازێکیش ئەڵێن لەوانە کە حازری مەدینەی مونەووەرە بوون ٠

★ (وَمِنَ الاَعْرابِ مَنْ يَتَّخِذُ ما يُنْفِقُ مَغْرَماً) ★

وە لە عەرەبی دەشتەکیە کەسانێ کە هەرچی سەرف بکا بە ناوی زەکاتەوە بە خەسارو زیانو بارێ کە بەسەر شانا هاتبێ وای دائەنێو بە قەطعی بـە واجبی دینیو بـە هۆی ڕەزامەندی خوداو ڕزگاری قیامەتی ناژمێرێ ٠

★ (وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوائِرَ) ★

وە ئـەو جۆرە کەسانە چاوەڕێی ئـەوە ئەکەن کـە کارەساتێ بێت بەسەرتانا کە شوێنەوارتان نەهێڵێتەوە بەڵکو لە ژێر ئەم باری ناهەمواری واجباتە دەرچن ٠

★ (عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ) ★

خودا بکا بێتـە سەریان کارەساتی نابارو خراپ کـە ئەوان مەحـو بکاتەوە •

★ (واللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (٩٨) ★

وە خودای تەعالا قسەی ئەوانە ئەبیسیو زانایە بە رازی دڵیان •

★ (ومِنَ الاَعْرابِ مَنْ يُؤْمِنُ بِاللهِ واليَوْمِ الآخِرِ ويَتَّخِذُ ما يُنْفِقُ قُرباتٍ عِنْدَ اللهِ وصَلَوَاتِ الرَّسُولِ) ★

وە لە عەرەبی دەشتەکیە کەساێکی وەها باوەڕیان هەیە بە خوداو ڕۆژی قیامەتو ، ئەوەی سەرفی ئەکا لە زەکاتو لە خێرات دایئەنێ بە هۆی نزیکبوونەوە لە خوداو لە دۆعای خێری پێغەمەر ـدـ •

★ (اَلا إنَّها قُرْبَةٌ لَهُمْ) ★

بێداربنەوە ئـەو زەکاتەو ئـەو خێراتی ئەوانە خودا قەبووڵی ئەکاو ئەیکا بە هۆی نزیکبوونەوەیان لە خودا •

★ (سَيُدْخِلُهُمُ اللهُ في رَحْمَتِهِ) ★

وە بێ گومان خودای تەعـالا ئەوانە ئەخاتە ناو پڕتەوی میهرەبانی خۆیەوەدو دڵیان ڕووناك ئەکاتەوە •

★ (إنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٩٩) ★

بە ڕاستی خودا تاوانبەخشو میهرەبانە بۆ هەموو موسوڵمانیو بە تایبەتی بۆ ئەوانە •

★ (والسَابِقُونَ الاوَّلونَ مِنَ المُهاجِرِينَ والاَنْصارِ والَّذِينَ اتَّبَعوهُمْ بِاِحْسانٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ ورَضُوا عَنْهُ ، واَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الاَنْهارُ خَالِدِينَ فِيها اَبداً ، ذلِكَ الفَوْزُ العَظِيمُ) (١٠٠) ★

ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کە پێشکەوتن لە کۆچکردنا لە مەکەی موکەڕەمەوە بۆ مەدینەی مونەووەرەو ئەو کەسانەی کە پێشکەوتن لە یارمەتیدانی پێغەمەرا ـدو ئەو کەسانەی کە بە شوێنی ئەوانا هاتن بە بیرو باوەڕی باش‌و کردەوەی چاك‌و خوو رەوشتی بەرز .. خودای تەعالا لەوان رازیەو ئەوانیش لە خودا رازین . چونکی موسوڵمانی ساغ رەخنەی نیە بەرابەر بە تەسەڕوفاتی خودای تەعالا ؛ وە خودا ئامادەی کردوە بۆیان چەن بەهەشتێ کە لە ژێر ئەوانا جۆبار رەوان ئەبێ‌و ئەوان نەمرن لە ناویانا هەتا هەتایە ؛ وە ئەمە گەیشتنێکی گەورەیە بە پایەی لای خودا .

بزانن ! لە تەفسیری (سابقین)دا بازێ فەرموویانە : (سابقین) لە موهاجیرین ئەوانەن کە نوێژیان کردوە بەرەو رووی (قبلتین) واتە (بیت المقدس)و (کعبة الله) وە بازێ فەرموویانە : کە (اصحاب البدر) ن . وە بازێ فەرموویانە : (ئەصحابی بیعة الرضوان)ن . وە بازێ فەرموویانە : ئەوانەن کە لە پێش هیجرەتا موسوڵمان بوون .

وە (سابقین) لە ئەنصار بازێ فەرموویانە : ئەهلی عەقەبەی یەکەمن ، کە حەوت کەس بوون‌و لە ساڵی یازدەهەمی ریسالەتا چوون بۆ مەکە بۆ حەج . وە بازێ فەرموویانە : ئەهلی عەقەبەی دووهەمن کە لە ساڵی دوازدەی ریسالەتدا چوون بۆ مەکە بۆ حەج ، کە حەفتاو دوو پیاوو ژن

بوون لەگەڵ ئەو کەسانەدا کـە ئیسلام بوون لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولەنافدا کە حەزرەت ـدـ لەگەڵ ئەهلی عەقەبەی دووهەمدا ناردی بۆ مەدینە بۆ تەعلیمی قورئانی پیرۆز •

وە مەبەست لە (تابعین) لە جوملەی (والذین اتبعوهم باحسان)دا باقی ئەصحابەکانی پێغەمەرە ـدـ لەسەر هەموو مەعناکان کە بەیان کران •

بەڵام ئەوە کە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە کە : مەبەست لە (سابقین) ئەوانەن لە پێش باقی موسوڵمانانی غەیری موهاجیرینو ئەنصارا موسوڵمان بوون ، وە مەبەست لە (والذین اتبعوهم) ئەوانەن کە دوای ئەوان موسوڵمان بوون لە زەمانی حەزرەتا ـدـ واتە ئەصحابەکان غەیری ئەو دوو فیرقە وە باقی موسوڵمانانی دنیا کە لە پاش زەمانی حەزرەت ـدـ هاتوونەتە دنیاوە تا رۆژی قیامەت بـە شەرتی ئەوە کـە تابیعی سابیقین بووبن لە بیرو باوەڕو کردەوەو ئەخلاقا ، وە ئەم شەرتە دێتەجێ لەوانەدا کـە تابیعی ئیجماعی ئوممـەت وە یا زۆری ئـەوان بووبن لـە ئیمامانی موجتەهیدینو لە ئومەرای عادیلین و عولەمای عامیلینو ئەولیاو پیاوچاکان هەتا رۆژێ کە دنیا دەوامی بێ •

★ (وَمِمَّنْ حَوْلَكُمْ مِنَ الأَعْرابِ مُنافِقُونَ) ★

وە لەوانەن کە وان لە دەوری ئێوەدا لە عارەبی دەشتەکی دەوری مەدینەی مونەووەرە کۆمەڵێ لە مونافیقان بە زاهیر موسوڵمانو لە دڵدا کافرن کە بریتین لە قەبیلەی (جهینە)و (مزینە)و (اسلم)و (اسجع)و (غفار) •

★ (ومِنْ اَهْلِ المَدينَةِ مَرَدُوا على النِّفاقِ ، لا تَعْلَمُهُمْ نَحنُ نَعْلَمُهُمْ) ★

وەکو چۆن لە دەورو بەری مەدینەدا مونافیق هەیە لە ئەهلی شاری مەدینەیش هەروا هەن کۆمەڵێ ئەهلی نیفاق کە لەسەر نیفاق دامەزراون تۆ ئەو مونافیقانی ئەهلی مەدینە ناناسی بەس ئێمە ئەیانناسین ؛ چونکی زۆر بە حیلەو وردەکارین لە کاری خۆیانا •

★ (سنُعَذِّبُهُمْ مَرَّتَيْنِ) ★

ئێمە دوو جار سزای ئەو مونافیقانی مەدینە ئەدەین : جارێ بە ئابڕوبردن ، وەکو ریوایەت کراوە کە حەزرەت لەسەر مینبەر یەکە یەکە ناوی بردنو دەری‌کردن بۆ دەرەوە • وە جارێ لە قەبرا لە عالەمی بەرزەخدا •

★ (ثُمَّ يُرَدُّونَ إلى عَذَابٍ عَظِيمٍ) (١٠١) ★

وە لە پاش هاتنی رۆژی قیامەت ئەگێڕرێنەوە بۆ سزایەکی گەورەی ناهەموار •

★ (وآخَرُونَ اعْتَرَفوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطوا عَمَلاً صالِحا وآخَرَ سَيِّئاً) ★

وە لە دواکەوتووان لە غەزای تەبووکە کۆمەڵێکی تر کە ئیقراریان کردوە بە تاوانباری خۆیان لە پاشکەوتناو کردەوەیەکی چاکیان تێکەڵ کردوە لەگەڵ کردەوەیەکی خراپدا ، واتە کردەوە پێشوەکانیان باش بو وەکو جیهادو حازربوون بۆ واجباتی دین وە کردەوە دواییەکانیان خراپ بو وەکو پاشکەوتن لە غەزای تەبووك •

★ (عَسى اللهُ اَنْ يَتوبَ عَلَيْهِمْ إنَّ اللهَ غَفور" رَحِيم") (١٠٢) ★

هیوایە خودا تەوبەیان لێ قەبووڵ بکا ؛ چونکە بە راستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە ئەبو لوبابەو رەفیقەکانیا کە دە کەس یا هەشت یا پێنج یا سێ کەس بوون کە نەرۆیشتن بۆ غەزای تەبوك ، کاتێ حەزرەت لە تەبوك هاتەوە بۆ مەدینە رۆیشتنە خزمەتی‌و پێیان لە تاوانباری خۆیان ناو • وە ئەبو لوبابە کە ناوی (رفاعه)و کوڕی (ابو المنذر) بوو لە ئەهلی (صفه) بو ، خۆی بەستەوە بە کۆڵەکەیێ لە کۆڵەکەکانی مزگەوتی حەزرەتەوەو سوێندی خوارد ئەبێ حەزرەت رزگاری بکا لەو بەستنەوە ، وە لە کاتی پێویست‌و نوێژکردنا کچەکەی ئەهات گوریسەکەی ئەکردەوە ، پاش ئەوە ئەیبەستەوە ، جا کاتێ ئایەتی قەبووڵی تەوبەیان هاتەخوارەوە ، حەزرەت ـدـ رۆیشت خۆی گوریسەکەی کردەوە • وە لەم بەستنەوەدا دوازدە رۆژ مایەوە •

وە جارێکی تریش پێش ئەم رووداوە خۆی بەستەوەو حەوت رۆژ مایەوە تا تەوبەکەی قەبووڵ بوو حەزرەت گوریسەکەی کردەوە •

★ (خُذْ مِنْ اَمْوالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وتُزَكّيهِمْ بِها وصَلِّ عَلَيْهِمْ إنَّ صَلوتَكَ سَكَن" لَهُمْ ، واللهُ سَميع" عَليم") (١٠٣) ★

واتە : ئەی پێغەمەری خۆشەویست وەربگرە لە دارایی ئەم لە جەنگ پاشکەوتووانە ـ ئەبو لوبابەو هاورێکانی ـ ماڵێ بە شێوەی صەدەقەو کەفارەت بۆ ئەم تاوانەیان کە ئەو صەدەقەیە تەسلیم کرا تۆ ئەو کۆمەڵەیە

پاك ئەكەیتەوە بەو صەدەقە ؛ واتە ئەو صەدەقە ئەبێ بە هۆی عەفوبوونیان لە تاوانەكەیانو بەرەكەتو زۆربوون بۆ ماڵەكەیان • وە دۆعای خێریشیان بۆ بكە . چونكی دۆعای خێری تۆ بۆ ئەوان ئەبێ بە مایەی ئارامو هێمنی دڵی ئەوان . وە خودای تەعالا بیسەرە بۆ واتەی خەڵكو زانایە بە رازو نیازی دڵیان •

ریوایەت كراوە حەزرەت ـدـ سێیەكی دارایی ئەوانەی وەرگرت بەخشیەوە بەسەر فەقیرانا •

★ (اَلَمْ يَعْلَمُوا اَنَّ اللهَ هُوَ يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَأْخُذُ الصَّدَقَاتِ وَاَنَّ اللهَ هو التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ؟) (١٠٤) ★

ئایا نازانن ئەم خەڵكە كە خودای تەعالا تۆبەو پەشیمانی وەرئەگرێ لە بەندە تۆبەكارەكانی وە صەدەقەو خێراتو دەستاوێژ وەرئەگرێ لە خێرۆمەندان لە تۆڵەی تاوانباریدا یا هەر بۆ ئەجری رۆژی قیامەت وە خودای تەعالا بە راستی تەوبە وەرگرە بە شێوەیەكی رەساو میهرەبانە بۆیان ؟

★ (وَقُلِ : اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالمُؤْمِنونَ) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیان بڵێ : چی ئەكەن بیكەن ، یاخود كاری باش بكەنو لەمەولا بەراستی خوداو پێغەمەری خوداو موسوڵمانەكان كردەوەی ئێوە ئەبینن •

★ (وَسَتُرَدُّونَ إلى عَالِمِ الغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) (١٠٥) ★

وە لە داهاتووی نزیکدا ئێوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای ئەو خودایە کە زانایە بە پەنامەکیو ئاشکرای کردەوەکان ، جا خەبەردارتان ئەکا بە تۆڵەی ئەوەی کە ئێوە کردووتانە •

★ (وآخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ اللهِ إمَّا يُعَذِّبُهُمْ وإمَّا يَتوبُ عَلَيْهِمْ ، واللهُ عَليمٌ حَكيمٌ) (١٠٦) ★

وە چەن کەسانێکی تر هەن لەوانە کە دواکەوتن لە غەزای تەبووك ئـەوانە ئیشیان ماتڵکراوە بۆ حوکمی خـودا لەسـەر (اقتضا)ی حاڵی خۆیان : یا سزایان ئـەدا ئەگەر دەوام بکـەن لەسـەر موخالەفە ، وە یا تەوبەیان لێ قەبووڵ ئەکا مادام تەوبە بکەن بە دڵ ، وە خودای تەعـالا زانایە بە حاڵیانو خاوەن حکمەتە لە تۆڵەی کردەوەدا •

ئەم کۆمەڵە سێ‌کەس بوون مەرارەی کوڕی رەبیعو ، کەعبی کوڕی مالیكو ، هیلالی کوڕی ئومەییە ، پاش‌کەوتن لە غەزای تەبووك نەك لەبەر نیفاق بەڵکو لەسەر قەزاو قەدەرو تەمەڵیو بێ موبالاتی • کاتێ حەزرەت ـدـ هاتەوە لەو غەزایە ئەمری کرد بە ئەصحابەکان قسەیان لەگەڵدا نەکەنو سەلامیان لێ نەکەن ، وە کاتێ ئەوانیش ئـەو هەجرو تەرکەیان لەوانەوە بینی پەشیمان بوونەوە لـە کاری خۆیانو نیەتی خۆیان ساغ‌کردەوە بۆ خودا ، جا خودا رەحمی پێ‌کردن وە ئایەتی نازڵ‌کرد لـە هۆی عەفوی ئەوانەوەو عەفوکران •

فەرموودەی خودا : (والذين اتخذوا مسجدا ...)

ریوایەت کراوە : کاتێ کە بەنی عەمری کوڕی عەوف مزگەوتی قوبایان کردەوە هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت -د- و بردیان بۆ مزگەوتەکەو نوێژی کرد لە مزگەوتەکەدا وە ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵی بنی غەنم بنی عەوف ئەوانیش لەسەر مونافەسەی خزمەکانیان مزگەوتێکیان کردەوە . بەڵام نیەتیان لەسەر ئیسلام و ئیخلاص نەبوو ، بەڵکو مەقسەدیان زیانگەیاندن بو بە دینی ئیسلام و هێزدان بە کوفرو چاوەڕێی ئەبو عامیری راهیبی ناپاکیشیان ئەکرد کە لە شام بێتەوە بیکەن بە پێشەوای خۆیان ، وە ئەم ئەبو عامیرە وەختی خۆی مەسیحی و راهیب بو وە مەشهوور بوو لە ناو خەڵکا ، کاتێ حەزرەت -د- هات بۆ مەدینەی مونەووەرە دەستی کرد بە موعانەدە لەگەڵ حەزرەتا هەتا حەزرەت لە جەنگی هەوازیندا سەرکەوت ئیتر ئەبو عامیری ناموبارەك جێگەی بە خۆی نەگرت و چوو بۆ شام پەنای برد بە ڕۆمیەکان بە ناوی یارمەتی خواستن بۆ ئاینی مەسیح -د- .

وە رای‌سپاردبوو بۆ لای ئەم کۆمەڵی بەنی غەنمی بەنی عەوفە کە پاش ماوەیێ بە هێزەوە دێمەوەو بەرابەرکێ ئەکەین لەگەڵ محەمەداو جێگەی پێ لێژ ئەکەین ، کەچی بە مورادی نەگەیشت و لە فیتنەی (قینەسرین)دا بە بێ کەس مرد .

جا ئەم کۆمەڵە ناپیاوە هاتن بە شوێن حەزرەتا بڕوا نوێژ بکا لە مزگەوتەکەیانا وەکو ڕۆیشت لە مزگەوتی قوبادا نوێژی کرد ، وە حەزرەت ویستی بڕوا بۆ لایان ، جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوەو مەنعیان کردو ، خودا فەرمووی :

★ (والَّذِينَ اتَّخَذوا مَسْجِداً) ★

وە لە مونافیقەکانە ئەو کەسانەیش کە مزگەوتێکیان کردوەتەوە بە دیسەن عیبادەتخانەو لە واقیعا کردوویانەتەوە :

★ (ضِراراً وكُفْراً وتَفْرِيقاً بَيْنَ المُؤْمِنِينَ وإِرْصاداً لِمَنْ حارَبَ اللهَ ورَسولَهُ مِنْ قَبْلُ) ★

بۆ زیاندان لە موسوڵمانانی مزگەوتی (قوبا)و بۆ هێزدان بە کوفرو بۆ چلوچۆیی‌و جیایی خستن لە ناو موسوڵمانانی ئەو شوێنەدا بەم جۆرە بازێکیان بکەن بە هاوبیری خۆیانو بڕۆن بە گژی باقیەکانا ، وە لەبەر چاوەڕێکردنی ئەبو عامیری راهیب ئەو نامەردە کە چەن غەوغای کردو چەن موعارەزەو موعانەدەی کردو جەنگی کرد لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا لە پێش دروستکردنی ئەو مزگەوتەدا .

★ (ولَيَحْلِفُنَّ : إنْ أرَدْنا إلاّ الحُسْنى ! واللهُ يَشْهَدُ إنَّهُمْ لَكاذِبُونَ) (١٠٧) ★

وە لەگەڵ ئەم هەموو نامەردی‌و بەدکاریەدا سوێندی موئەککەد ئەخۆن کە : خواستمان لە دروستکردنی ئەو مزگەوتەدا هەر ئەعمالی چاکە بوە ، وەکو نوێژکردنو قورئان خوێندنو زیکری خودا بوە تیایاو خودای تەعالایش شەهادەت ئەدا بە راستی ئەوانە هەموو درۆزننو مەبەس ئەوانە نیە نە کە داوای ئەکەن .

★ (لا تَقُمْ فِيهِ أبَداً لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلى التَّقْوى مِنْ أوَّلِ يَوْمٍ أحَقُّ أنْ تَقومَ فِيهِ) ★

بە قەتعی ئەی پێغەمەری خۆشەویست لەو مزگەوتی ئەوانەدا

رامەوەستە بۆ نوێژ یا قورئان خوێندن یا دەرزو ئامۆژگاری موسوڵمانان .
وە بە راستی ئەو مزگەوتەی کە بیناکراوە لەسەر تەقواو لە خودا ترسان
لە ئەووەڵی هاتنتان بۆ ئەو عەرزە کە مزگەوتی قوبایە . وە کاتێ حەزرەت
لە سەفەری کۆچدا گەیشتە ئەوێ بناغەی کرد وە لە پاشا لەم نزیکانەدا
بەنی عەمری بەنی عەوف تەواویان کرد .. ئەوە شایاوە بۆ ئەوە کە تۆ
تیایا راوەستیو نوێژی تێدا بکەی بۆ خودای تەعالا .

★ (فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَنْ يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ) (١٠٨) ★

لەو مزگەوتەدا هەیە چەن پیاوێکی موسوڵمانی ساغی وا کە حەز
ئەکەن خۆیان پاك بکەنەوە لە گوناەو تاوانباریو لە رەزائیلی نەفسو لە
بێ دەسنوێژیو لەشپیسی . وە خودا پیاوانی وای زۆر خۆش ئەوێ .
لێیان رازی ئەبێو نزیکیان ئەخاتەوە لە خۆی بە تەوفیقدانیان بۆ تەزکیەی
نەفسو طاعەتکردنی مەقبول .

ریوایەت کراوە : کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە پێغەمەر ـدـ رۆیشت
لەگەڵ کۆمەڵێ لە موهاجیرینو ئەنصار ـ خودایان لێ رازی بێ ـ هەتا
راوەستا لە دەرگای مزگەوتی قوبادا تەماشای کرد گەلێ لە ئەنصار لەویا
دانیشتوون ، وە حەزرەت فەرمووی : ئایا ئێوە خاوەن ئیمانن ؟ ئەوان
بێدەنگ بوون . وە حەزرەت دووجارەی کردەوە ، جا عومەر فەرمووی :
بەڵێ خاوەن ئیمانن‌و منیش لەگەڵ ئەوانام . جا حەزرەت فەرمووی : ئایا
رازین بە قەزای خودا ؟ وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : سەبریش ئەکەن لەسەر

بەلآ ؟ وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : شوکری خودایش ئەکەن لەسەر نیعمەتو خۆشی ؟ وتیان : بەڵێ ، جا فەرمووی : قەسەم بـە خودای کەعبە ئێوە خاوەن ئیمانن ، دوای ئەوە دانیشتو فەرمووی : ئەی کۆمەڵەی ئەنصار خودا مەدحو ثەنای ئێوەی کردوە ، ئێوە چی ئەکەن لە کاتی تارەت گرتنو دەسنوێژا ؟ عەرزیان کـرد : ئێمـە پاش دانیشتن لەسەر جێگەی قەزای حاجەت بە سێ بەرد خۆمان پاك ئەکەینەوە جا بە شوێنی ئەو بەردانەدا بە ئاو خۆمان دائەشۆرێنو خۆمان پاك ئەکەینەوە ، جا حەزرەت ــدــ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (فيه رجال يحبون ان يتطهروا ••)

لەم بەیانەوە دەرکەوت کە ئەو مزگەوتە مزگەوتی قوباء بوە ، کاتێ حەزرەت لە سەفەری هیجرەتدا لەوێدا دابەزی بناغەی ئەو مزگەوتەی داناو لەو ماوەدا کە لە قوبادا بو نوێژی تیا کرد ، لە ڕۆژی دووشەمەوە تا ڕۆژی جومعەو جومعەی تێـدا کـردو لـە پاشان بەنو عـەوف تەواویان کـردو حەزرەت ــدــ ڕۆیشت نوێژی تێدا کرد ، وە بازێ فەرموویانە : مەبەس لـە (لمسجد اسس على التقوى) مزگەوتی مەدینەی مونەوەرەیە بـەلآم ئەم بیرە لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا ڕێك ناکەوێ •

جا حەزرەت ــدــ مالیکی کوڕی (دخشم)و مەعنی کوڕی عەدیو عامیری کوڕی (السكن)و وەحشی بانگ کردو فەرمووی : بڕۆن بۆ لای ئەو مزگەوتە کـە ئەهلەکەی ستەمکارەو نابارن بیڕووخێننو بیسووتێنن ئەوانیش ڕۆیشتن وێرانیان کـردو سووتاندیانو شوێنەکەیان کرد بـە شوێنی خەوشو خاڵو پیسایی ناوچەکە •

★ (اَفَمَـنْ اَسَّسَ بُنْيانَهُ عَلى تَقْـوىً مِنَ اللهِ ورِضْوانٍ خَيْرٌ اَمْ مَنْ اَسَّسَ بُنْيانَهُ على شَفا جُرُفٍ هارٍ فانْهارَ بِهِ في نارِ جَهَنَّمَ ؟ واللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظّالِمينَ) (١٠٩) ★

ئایا کەسێ بناغەی دینی خۆی دامەزراندبێ لەسەر تەقواو ترس لە خودای تەعالا وەکو یەکێ وایە کە بینای خۆی دانابێ لەسەر قەراخی کەناوێکی وا ئاوی لافاو دڕیبێتیو نزیك بێ لەوەوە بڕووخێو فیعلەن ئەو بینایە بڕووخێو بەو کەسەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ ؟ وە وەڵامی ئەم پرسیارە ئیستینکاریە ئەمەیە ئەڵێین : حاشا ئەم دوو کەسە خاوەن بینایە وەکو یەك نین •

ئەویان بیناکەی وا دامەزراوە
هەرگیز نارووخێ تا دنیا ماوە
ئەمیان بە بایێ زوو بەرباد ئەبێ
شوێنی نامێنێ بە رووی دنیاوە

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای تەعالا بە شێوەی تەمثیل تەشبیهی هەیئەتی ئەهلی ئیمانو ئیخلاصو موجاهیدانی (في سبيل الله)ی کردوە بە هەیئەتی پیاوێو بینایێ بە مادەی ئەستوورو یاسای میعماری هۆشیار دروستکرا بێ لەسەر شوێنێکی ساغی سەختی پایەدار • وە تەشبیهی هەیئەتی ئینسانی مونافیقی دوودڵو دووڕووی بێئیمانو خۆنەگرتوو لە کاتی نەهاتیداو ناسوپاس لە کاتی هاتیدا بە هەیئەتی کەسێ بینایێ بکاتەوە لەسەر قەراخی کەناوێکی رووخەکی ئاوداماڵیو کە خەریك بێ لە خۆیەوە هەرەس بباو بڕووخێ بە رووی چەمەکەدا چ جای ئەوە کە بوومەلەرزەیێ لێی بدا •

وە سیری راستی ئەم تەمثیلە ئەوەیە کە بەشی یەکەم بە دڵ دامەزراوو خاوەن ئیمانو جێگەی میهرەبانی خودان ، وە بەشی دووەم

ناپیاوو دانەمەزراوو ستەمکارن‌و خودایش هەرگیز ستەمکار شارەزا ناکا بۆ مەبەستی باش‌و ئەنجامی پیرۆز هەتا هەتایە . بۆیە خودای تەعالا ئەفەرموێت :

★ (لا يَزالُ بُنْيانُهُمُ الَّذي بَنَوْا رِيبَةً في قُلوبِهِمْ إلاَّ انْ تَقَطَّعَ قُلوبُهُمْ واللهُ عَليمٌ حَكيمٌ) (١١٠) ★

واتە بە دەوام ئەو بینای مزگەوتە درۆیینە کە ئەوان دروستیان کرد هەر گرێ‌و ژانە لە دڵیانا مەگەر دڵەکانیان پارچە پارچە بکرێ‌و خاوەنەکانیان بمرن . وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو رازو نیازێ‌و خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکدا .

فەرموودەی خودا : (ان الله اشترى .. الآية)

ریوایەت کراوە لە محەمەدی کوڕی کەعبی (قرظی)یەوە : ئەڵێ : کاتێ کە ئەنصارە مەدینەییەکان لە شەوی عەقەبەی دووهەما بەیعەتیان بە حەزرەت کرد کە ئەوانیش حەفتا پیاو بوون لەگەڵ دوو ژنا عەبدوڵلای کوڕی رەواحە وتی : یا رسول الله چی بڕیار ئەدەی بۆ خودا لە سەرمان ؟ فەرمووی : بڕیاری ئەوە ئەدەم عیبادەتی بۆ بکەن‌و هاوڕێی بۆ قەرار نەدەن . عەرزی کرد : ئەی چی بۆ خۆت بڕیار ئەدەی ؟ فەرمووی : ئەوە بڕیار ئەدەم کە مەنعی ئەو زیانانەم لێ بکەن کە لە خۆتانی مەنع ئەکەن . وتی : ئەگەر ئەمانەمان کرد دەسکەوتمان چی ئەبێ ؟ فەرمووی : دەسکەوتی ئێوە بەهەشتە . ئەوانیش وتیان : بە خودا مامەڵەیەکی بەسوودو پیرۆزەو قەت لێی پەشیمان نابینەوە . جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە .

بە گوێرەی ئەم ریوایەتە ئەبێ ئەم ئایەتە (مەکەیی) بێ • وە بازێ فەرموویانە : خودا کــە باسی حاڵی مونافیقەکانو زەعیفەکانی کــرد باسی موسوڵمانە دیندامەزراوەکان ئەکاو جیهادەکەیان وەکو موعامەلە وایــەو قازانجەکەیان رەزای خوداو بەهەشتی نەبڕاوەیە • جا ئەفەرموێت :

★ (إِنَّ اللهَ اشْتَرى مِنَ المُؤْمِنِينَ اَنْفُسَهُمْ وَاَمْوالَهُمْ بِاَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقاتِلونَ في سَبِيلِ اللهِ فَيَقْتُلونَ ويُقْتَلونَ وعْداً عَلَيْهِ حَقّاً في التَّوْرِيةِ والأِنْجِيلِ والقُرآنِ ، ومَنْ اَوْفى بِعَهْدِهِ مِنَ اللهِ ؟ فاسْتَبْشِروا بِبَيْعِكُمُ الَّذي بايَعْتُمْ بِهِ ، وذلِكَ هُوَ الفَوْزُ العَظِيمُ) (١١١) ★

واتە : خودای تــەعالا کڕیویەتی لــــە خاوەن ئیمانەکان گیانیانو داراییان بە مامەڵەی سەلەم کە لە کاتی تایبەتی دیاریکراوا بەهەشتی بەرزی بەرێزیان پێ بدا • وە تەسلیمی (راس المال)ی نەختی موسوڵمانەکان بــە خودای تەعالا بەوەیە کە لە رێگەی خودادا جیهـــاد بکەن وە کافرەکان بکوژنو کافرەکان بیانکوژن ، وە هەرکەسێ لەوان ئەو پەیمانو بڕیاری تەسلیمی (راس المال)د بەجێ بێنێ با خۆش موژدە بن بەو مامەڵەیە کــە کردوویانەو ئەنجـامی ئــەم مامــەڵە گەیشــتنە بــە بەهەشتی جـاویدانیو رەزامەندی خودای سەمیعو عەلیم • وە ئەم مامەڵەیە بڕیاردراوە لە کتێبی عوهوودی قەدیسەدا وەکو تەوراتو ئینجیلو قورئانی پیرۆز • وە خاوەن کار خودایە کە فەرمانی لە هەموو شوێنێکدا رەوایە •

جا خودای تەعالا بۆ بەیانی نیشانەی ئەو موسوڵمانانە کە ئــــەو مامەڵەیان لەگەڵ خوادا کردوە فەرمووی :

(التَّائِبونَ)

ئەو کەسانە کە پەشیمان بوونەتەوە لە کوفرو تاوانباری •

(العابِدونَ)

ئەوانە کە عیبادەتی خودا ئەکەن بە ئیخلاص •

(الحامِدُونَ)

سوپاسی نیعمەتی خودا ئەکەن •

(السَّائِحونَ)

ئەوانە کە بەرۆژوون ، وە یا ئەوانەن کە ئەڕۆن بە بیابانو سارای دوورا بۆ غەزاکردن لەگەڵ کافرانا ، وە یا بۆ وەرگرتنی دەرزی عولوومی دینیە •

(الرَّاکِعونَ السَّاجِدونَ)

ئەوانە کە بە دامەزرانی دڵو لەشەوە لە نوێژەکانا روکووعو سەجدە ئەبەن •

(الآمِرونَ بِالمَعْروفِ والنَّاهونَ عَنِ المُنْکَرِ)

ئەوانەن کە ئەمر ئەکەن بە هەر شتێ ناسراوو قەبووڵکراو بێ لە دینا لە واجباتو موستەحەببیاتو نەهی ئەکەن لە هەرچی نەناسراو بێ لە دینا لە حەرامو مەکرووهـ •

(والحَافِظُونَ لِحُدودِ اللهِ)

وە حودوودی خودا ئەپارێزنو یاسای دین رائەگرن بە نەفسو ماڵ وە بە هەموو وەسیلەیەکی شەرعی •

بزانن ! هەڵئەگرێ مەبەس لە حودوود حەدی قەتڵو زینـاو دزیو بوهتانو شەرابخواردن بێ ، واتە سەعی ئەکەن بۆ بەجێهێنانیان لەسەر موستەحەق • وە هەڵئەگرێ مەبەس لە حودوود هەموو ئەحکامی دین بێ •

★ (وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ) (١١٢) ★

وە موژدە بدە بەو موسوڵمانانە کە ئەم سیفەتە بەرزانەیان بێ بە بەهەشت •

فەرموودەی خودا : (ما كان للنبي ••• الآية)

ریوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە ئەویش لە باوکیەوە ئەڵێ : کاتێ ئەبو طالیب لە مردن نزیك بوەوە حەزرەت (د) رۆیشتە لای فەرمووی : (قـل لا اله الا الله احاج لك بها عند الله)وە لەو کاتـــەدا ئەبوجەهلو عەبدوڵلای کوڕی ئەبوئومەییە لە لای حازر بوونو پێیان وت : ئایا لائەدەی لە دینی باوکو باپیری خۆت ؟ وە گەلێ قسەیان لەگەڵا کرد هەتا ئاخر قسەی ئەوە بو وتی (انا علی ملـة عبدالمطلب) • جـا حەزرەت (د) فەرمووی : (لاستغفرن لك ما لم انه عنك) • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ، وە ئەم باسە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەم ئایەتەیش مەکی بێو خودا دەربارەی ئەبوطالیب نازڵی کرد : (انك لا تهدی من احببت ولكن الله يهدی من يشاء) •

وە ریوایەت کراوە لە عەلیەوە (خ) ئەڵێ : ئیخباری حەزرەتم کرد بە مردنی ئەبوطالیب ، جا حەزرەت فەرمووی : بیشۆرەو کەفنی بکـەو دایپۆشە خودا لێی خۆش بێ • ئەویش ئەوانەی جێبەجێ کرد ، وە

حەزرەت چەن رۆژێ ئیستیغفاری بۆ کردو لە ماڵ دەرنەچوو هەتا ئـەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی :

★ (ما كانَ لِلنَّبِيِّ والَّذينَ آمَنوا اَنْ يَسْتَغْفِروا لِلمُشْرِكينَ ولَوْ كانوا اولي قُرْبى مِنْ بَعْدِ ما تَبَيَّنَ لَهُمْ اَنَّهُمْ اَصْحابُ الجَحيمِ) (١١٣) ★

ڕەوا نەبوەو نیە بۆ پێغەمەرو بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو لەسەر یاسای دین ئەڕۆن •• ئەمە کە داوای لێخۆشبوون بکەن لـە خودای تەعالا بۆ کافرە موشریکەکان هەرچەن لەوانـە بن کە خاوەن پەیوەندی خزمایەتیو نزیکی ڕشتەن مادام دەرکەوت بۆیان ئەو کافرانە لە ئەهلی دۆزەخن •

کەوابێ دروست نیە ئینسان دۆعا بکا بۆ کەسێ لەسەر کوفر مردبێ ، وە بۆ زیندوویێ کە مەعلووم بێ لەسەر کوفر ئەبڕێتەوە ، وەکو ئیبلیسو ئەو کافرانە خودا ئیخباری کردووین کە بە کافری ئەمرن ، وەکو خودا فەرمووی بە حەزرەتی نوح : (انه لن يؤمن من قومك الا من قد آمن)وە فەرمووی بەحەزرەتی محەمەد : (سواء عليهم أأنذرتهم ام لم تنذرهم لا يؤمنون) بەڵام دروستە دۆعا بکەی بە هیدایەت بۆ کافری زیندو مادام مەعلووم نەبێ کە بە کافری ئەمرێ •

★ (وما كانَ اسْتِغْفارُ إبْراهِيمَ لِأبيهِ إلاَّ عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَها إيّاهُ فَلَمّا تَبَيَّنَ لَهُ اَنَّهُ عَدُوٌّ لِلّهِ تَبَرَّاَ مِنْهُ ، إنَّ إبْراهِيمَ لَاَوّاهٌ حَليمٌ) (١١٤) ★

وە ئەو داوای عەفوو چاوپۆشی لە تاوانە کە حەزرەتی ئیبراهیم (د)

کردی بۆ (ئازەر)ی باوکی نەبو ئیللا لەسەر وەفا بە وەعدەیێ کە دابووی پێی وەکو خودای تەعالا گێڕاویەتەوە بە جوملەی (سوف استغفر لك ربی)وە لە پێش ئەوەیشا بوە کە بۆ ئیبراهیم دەربکەوێ کە ئازەری باوکی بە کافری ئەمرێ ؛ کاتێك کە بۆی دەرکەوت ئازەر کافرێکی ئەنجام شەڕە حەزرەتی ئیبراهیم یەخەی لێ هەڵتەکاندو ئیعلانی دوورکەوتنەوەی لێ کرد ؛ چونکی ئیبراهیم ئینسانێکی زۆر دڵنەرمو میهرەبانو خاوەن حیلمو حەوصەڵەیە •

★ (وما كـانَ اللهُ لِيُضِلَّ قَوْماً بَعْـدَ إذْ هَدیهُمْ حتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ ما يَتَّقونَ ، إنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَليمٌ) (١١٥) ★

وە ئەو کەسانە لە پێش ئیعلانی ئەم ئایەتەدا دۆعای خێریان کردوە بۆ باوكو دایكو خزمانیان لە کافران ئەوە بەو دۆعاو داوای لێخۆشبوونە گوناهبار نەبوون ؛چونکی نەیانزانیوە حەرامە ؛وەخودای تەعالا لەوانە نیە کە نیسبەتی گومڕاهیو خەتاباری بدا لە قەومێ پاش ئەوە کە هیدایەتی دان بۆ دینی ئیسلامو موسوڵمان بوون هەتا بەیان ئەکا بۆیان لە چی خۆیان بپارێزن ، واتە چی حەرامەو چی حەڵاڵە ، جا لە پاش بەیانەکە هەرکەسێ لە یاسای بەیانی خودا دەربچێ ئەوە بە گومڕا ئەناسرێ •

بە کورتی : ئەو موسوڵمانانە کە لە پێش ئەم بەیانەدا داوای لێخۆشبوونیان بۆ مردوە کافرەکانیان کردوە تاوانبار نەبوونو بە گومڕا ناناسرێن ؛ چونکە بە هەموو شتێ ئەزانێ ، بەڵام عیبادی خودا هەموو شتێ نازانن پێویستیان بە حالی کردن هەیە •

★ (إنَّ اللهَ لَهُ مُلْكُ السَّمواتِ والأرْضِ يُحْيي ويُميتُ وما لَكُمْ مِنْ دونِ اللهِ مِن وَليٍّ ولا نَصيرٍ) (١١٦) ★

ئەی ئادەمیزاد بە راستی هەر بۆ خودای تەعالایە سەرداریی هەموو کائیناتی بەرزو نزم ، ئەوە زیندوو ئەکاتەوەو ئەمرێنیو ئێوە بێجگە لە خودا گەورەو یارمەتیدەرتان نیە • کە وابێ پێویستە بە دڵو گیان ئامادە بن بۆ فەرمانی پەروەردگاری خۆتانو ئیطاعەی بکەن •

★ (لَقَدْ تابَ اللهُ على النَّبِيِّ والمُهاجِرِينَ والأنْصارِ الَّذِينَ اتَّبعوهُ في ساعَةِ العُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ ما كادَ يَزِيغُ قلوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تابَ عَلَيْهِمْ ، إنَّهُ بِهِمْ رؤوفٌ رَحِيمٌ) (١١٧) ★

موفەسیرەکان لەم ئایەتەدا دوو شتیان فەرمووە :

یەکەم ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە بۆ رەزامەندیو بەیانی لوطفو مەحەبەتی خودا دەربارەی حەزرەت ـدـو کۆمەڵی موهاجیرینو ئەنصار لە بەر ئەو ئیهتیمامە نیشانیان دا بە جیهادو سەفەری تەبووك لەو کاتەدا کە عالەم ماندوو بوو لە جەنگکردن • واتە : خودای تەعالا بە راستی گەڕایەوە بە رژاندنی بارانی ئیحسانو میهرەبانی بەسەر پێغەمەرا ـدـ وە بەسەر ئەصحابە موهاجیرەکاناو بەسەر ئەصحابە ئەنصارەکانا ئەوانە کە تابیعی حەزرەت بوونو لەو کاتی بێ ئاسایشیەداو لەو ساتی ناوەختیەدا پاش ئەوە کە نزیك بوو دڵی تاقمێ لەوان لا بدا لە رێگەی پەیرەوی ، وە پاش ئەوە هەم رژاندنی بارانی رەحمەتی خۆی دووبارە کردەوە بۆ سەریان لەسەر ئەو ئیقدامە کە سوپای بێ دەستی بێ نانو ئاوی بێ چەڵتو سوپای دەورەدراو بە موناقیقو نامەرد لە دوژمن نەترسان وە وێنەی فیدایی ئەو ساراو بیابانە گەرمە بێئاوەیان گرتە بەر بۆ ئیطاعەی فەرمانی خوداو بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحید • ئیتر ئەم زاتانە عەلاقەیان نەما بە تاوانباریو عیتابی باری تەعالاوە ئەوەندە لە حوزووری خودادا خۆیان پێش‌خست •

دوەم : بازێ فەرموویانە : ئەم ئایەتە لەسەر یاسای ئایەتی سوورەتی فەتحە کە خودا فەرموویەتی (لیغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تأخر) واتـە لەسـەر ئـەم رووداوی تەبووکە لـەو کاتـە نەهاتەدا گـەلێ لـە ئەصحابەکان : موهاجیرو ئەنصار دڵیان کەوتە پەرێشانیەوە لەسەر یاسای ئادەمیزادو نزیك بو کە بازێکیان بە جارێ دڵیان لابدا لە بەجێهێنانی ئەو جیهادە گەورە لەو کاتەدا ، بەڵام لەبەر ئەوە کە هێزی ئیمانی دامەزراو هێرشی هێنـایە سەریان تەوەکول بـە خودا دڵی پڕ کردن لە رووناکیو روویان کردە فیداکاریو رۆیشتن بۆ ئەو جیهادە موقەدەسە • خودای تەعالا لە بارەی ئەو وردە خەیاڵاتەوە ئەوانی عەفو کردو ، ئـەو دەرەجە بەرزە کە بڕیار دراوە بۆ پێغەمەر ـدـ وە بۆ یارانی بە تەواوی هەمووی لە لایەنی خوداوە جێبەجێ کرا •

وە هەر وەکو خودا تەوبەی قەبوونْ کردو رەحمەتی رژاند بەسەر ئەوانا هەروا تەوبەی قەبووڵ کردو رەحمەتی رژاند بەسەر ئەو سێ کەسە موسوڵمانە پاشکەوتوەدا وەکو ئەفەرموێت :

★ (وعَلى الثَّلاثَةِ الَّذينَ خُلِّفُوا حَتَّى إذا ضاقَتْ عَلَيْهِمُ الأرْضُ بِما رَحُبَتْ وضاقَتْ عَلَيْهِمْ أنْفُسُهُمْ وظَنُّوا انْ لا مَلْجَأَ مِنَ اللهِ إلاَّ إلَيْهِ ثُمَّ تابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبوا إنَّ اللهَ هوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ) (١١٨) ★

واتە تەوبەی داباراند بەسەر ئـەو سێ کەسەدا کە پاش خران بـە ئارەزووی نەفس هەتا وایان لێ هات کە ئەم عەرزەیان لەسەر تەنگ بوو بەو هەموو گوشادیەوە کە هەیەتی وە نەفسی خۆیان لەسەر تەنگ بوو (واتە گیانیان لێ بو بە بار) ، وە باوەڕی راستیان هاتە سەر ئەوە کە

پەنا نیە لە قاری خودای تەعالا بە راکردن نەبێ بۆ لای خودا خۆی • جا خودا لەسەر عینایەتی میهرەبانانەی خۆی ئیلهامی کردن کە دەرگای عەفو لەسەر پشتە بێنەوە تەوبە بکەن ، وە ئەوانیش بەو فەیزە قودسیەوە روویان کردە قاپی کەرەمی خوداو تەوبەیان کرد لەو تاوانانە کە بە سەریانا هاتبو . بە راستی خودای تەعالا تەوبە قەبووڵ کەرە بۆ داوای عەفوکەرانو میهرەبانە بۆ ئەوانە پەنای پێ ئەهێنن •

ئیمامی بوخاری ـخـ ریوایەتی کردوە لە کەعبی کوڕی مالیکەوە ـخـ فەرموویە : پاش نەکەوتم لە هیچ غەزایەکدا لە حەزرەت ـدـ لە غەزای (بەدر)دا نەبێ ، هەتا کاتی غەزای تەبووك کە ئاخر غەزایێ بوو حەزرەت بەجێی هێناو بانگەوازی کرد بە ناو خەڵکدا بۆ بارکردنو سواربوون بۆ تەبووك ، وە حیکایەتەکەی بە تەواوی گێڕایەوە وە لە پاشان خودا تەوبەی ئێمەی نازڵ کرد بە ئایاتی (لقد تاب الله على النبي ...) تا ئاخری دوو ئایەت هەتا (ان الله هو التواب الرحيم) فەرمووی : ئایەتی •

★ (يا اَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وكونُوا مَعَ الصّادِقينَ) (١١٩) ★

هەر لە ئێمەدا نازڵ بوو واتە : ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام لە خودا بترسن بۆ ئەدای هەموو واجیباتێو تەرکی هەموو حەرامێ بکەنو لەگەڵ راستانا بن •

وە بەسەرهاتی کەعبی کوڕی مالیك ، وەکو بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوە ، ئەمەیە :

کەعب ئەڵێ : من قەت لەو کاتە بەهێزترو بە دەستەڵاتتر نەبووم کە لە غەزای تەبوك دواکەوت ، وام بۆ رێ ئەکەوت هەرچەند خۆم ئەهاوردە سەر ئامادەبوون بۆ ئەو سەفەرە بۆم رێ نەئەکەوت ، بەڵام لە دڵی خۆما ئەموت : قەی ناکا هەر سەعاتێ ئارەزووم کرد رێ ئەکەوم ... هەتا حەزرەت ـدـ رێ کەوت و لە مەدینە دوورکەوتەوە ، ئەمجار قەسدم کرد سواربم و برۆم بە شوێنیاو بۆم رێ نەکەوت ، پاش ئەوە هەرچەن لە ماڵی خۆم ئەهاتمە دەرەوە لە مونافیق و دووڕوو بەولاوە کەسم نەدەبینی ، وە من بەم وەزعە زۆر پەرێشان ئەبووم کە بۆچی وام بە خۆم کرد . وەلحاصڵ بەو جۆرە مامەوە هەتا بیستم وا حەزرەت لەگەڵ سوپای خۆیا هاتەوە .

کە حەزرەت گەیشتە بەرەوە قەرارم دا کە برۆم بە راستی قسەی لەگەڵدا بکەم ، وە فیعلەن رۆیشتم بۆ خزمەتی و دانیشتم و سەلامم لێ کرد . وەکو ئینسانێکی عاجز زەردەخەنەیەکی کردو فەرمووی : بۆچی پاش کەوتی لە سەفەرەکەت تۆ ئەسبابت ئامادە بوون ؟ منیش عەرزم کرد : ئەگەر لە خزمەتی تۆدا نەبوومایە بە عوزرو بەهانەو بە درۆ خۆم رزگار ئەکرد ، بەڵام بە خودا ! لەگەڵتا درۆ ناکەم : من هەموو ئەسبابێکم ئامادە بوو ، هیچ عوزرم نەبو ، بەڵام موقەددەر وا هات کە بەشم لەم سەفەرەدا نەبو ! حەزرەت ـدـ فەرمووی : ئەمە راست ئەکا ، دەی هەستە برۆ هەتا بزانین خودا چی ئەفەرموێت ؟

جا لە مەجلیسەکە هەستام و کۆمەڵێ لە (بني سلمه) کەوتنە شوێنم لۆمەیان ئەکردم کە بۆچی عوزرت نەهاوردەوە ؟ منیش پێم وتن : ئایا کەسی تر هەیە وەکو من بە راستی قسەیان کردبێ لە خزمەتی حەزرەتا ؟

وتیان : بەڵێ (مرارەی کوڕی ربیع)و (هیلالی کوڕی ئومەیە) کە ئەوانیش موسوڵمانی ساغو حازری غەزای بەدر بووبوون •

جا حەزرەت ئەصحابەکانی مەنع کرد لەوە قسە بکەن لەگەڵ ئەم سێ کەسەدا ، وە خەڵکی هەموو تەرکیان کردین بە جۆرێ دنیامان لێ تاریكو تەنگ بوو ، بەڵام من بۆ هەموو نوێژێ ئەڕۆیشتم لە مزگەوتا نوێژم ئەکردو بە بازاڕا ئەگەڕام ، بەڵام کەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردمو ئەموت : جوابی سەلامەکەمی داوەتەوە یا نە ؟

وە جار بە جار لە نزیکی حەزرەتا نوێژم ئەکرد کاتێ رووم ئەکردە سوجدەگاکەم ئەو بە لاچاو بۆی ئەڕوانیم وە کاتێ من بە لاچاو بۆ ئەوم ئەڕوانی ئەو ئیتر ئیعرازی لێ ئەنامو لەسەر ئەم حاڵە بە دڵتەنگیو ئەڕۆیشتم بۆ مەجلیسی حەزرەت ـدـو سەلامم ئەکرد ، بەڵام لە دڵی خۆما زویرییەوە دەوامم کرد •

رۆژێ لە رۆژان لە بازاڕا ئەسووڕامەوە تەماشا ئەکەم کابرایێ لە عەرەبی (انباط) نزیکی شام پرسیاری من ئەکا هەتا دۆزیمیەوە . هات نامەیەکی پێدام ، بۆم هاتبو لە لای پاشای غەسانەوە ، کە تەماشام کرد تیایا نووسراوە : بیستوومانە محەمەد لە تۆ عاجزەو تۆ پیاوێکی خاوەن قەدری لە لای ئێمە ، هەتا زووترە بێ بۆ لامان ئێمە موساعەدەت ئەکەین •

منیش وتم موبارەك نەبێ ! ئەمەیش بەڵاو میحنەتێکی ترە • هاتمەوە ماڵەوە نامەکەم خستە ناو تەنوورو سووتانم •

ئەم وەزعە دەوامی کرد هەتا چل رۆژی بەسەرا چو ، جا تەماشام کرد یەکێ لە لایەنی حەزرەتەوە هات وتی پێم : پێغەمەر ئەمرت پێ ئەکا کە لە ژنەکەت دوور کەویتەوە ؛ وە منیش ژنەکەم ناردەوە بۆ مالی باوکی هەنا دە رۆژ بەسەر چل رۆژەکەدا چوو . لە پاش نوێژی سبەینێ لەسەر بانێ دانیشتبووم زیکری خودام ئەکرد بە دلتەنگیەوە . دەنگی شەخسێکم بیست بانگی ئەکرد : ئەی کەعبی کوڕی مالیك موژدەت لێ بێ ! جا سوجدەی سوپاسی خودام بردو حالی بووم کە خودا میهرەبانی کردوە . وە حەزرەت لە پاش نوێژی بەیانی ئەو رۆژە ئیعلانی ئەوەی کردوە کە خودا تەوبەی ئێمەی قەبوڵ کردوە (واتە هەر سێ کەسەکەمان) .

جا خەڵکی ئەهاتن موژدەیان پێ ئەداین . وە کاتێ ئەو کەسە کە موژدەی هێنا هات پێم گەیشت بەرگەکەی خۆم داکەندو لە موژدەدا پێم‌داو بەرگێکم خواست کردمە بەرمو رۆیشتم بۆ خزمەتی حەزرەت‌و رەفیقان کۆمەڵ کۆمەڵ پێم ئەگەیشتن‌و موبارەکبابیان لێ ئەکردم . وە چوومە مزگەوت‌و حەزرەت دانیشتبوو خەڵك لە دەوریا بوون‌و طەلحەی کوڕی (عبیداللە) بە پەلە هات بۆ لامو تەوقەی لەگەڵ کردم ، لەو زیاتر لە موهاجیرەکان کەس هەڵنەساو ئەم مەحەبەتەی طەلحە فەرامۆش ناکەم .

جا کاتێ سەلامم کرد لە حەزرەت ــ دــ رووی موبارەکی لە جوانیدا بەرقی ئەداو فەرمووی : موژدە بێ لە تۆ ئیمڕۆ باشتر رۆژێکە لە ژیانی تۆدا کە بەسەر تۆدا هاتوە ! منیش عەرزم کرد : لە لایەنی تۆوە یا لە لایەنی خوداوە ؟ فەرمووی : لە لایەنی خوداوە . جا عەرزم کرد : ئەی پێغەمەری خودا لە تەواوکردنی تەوبەکەمە کە لە هەموو دارایی خۆم دەسبەردار بم بۆ

موسوڵمانان ! فەرمووی : نـە ، بازێ لـە ماڵەکەت بێڵەرەوە بۆ خۆت باشترە • منیش وتم : ئەی پێغەمەری خوا راستی منی نەجات دا وە لە تەواوی تەوبەکەمە هەتا ماوم بـە راستی قسە بکـەم • جا ئـەم ئایەتانە هاتبوونە خوارەوە • (لقد تاب الله على النبي ••• الآيات) هەتا (وكونوا مع الصادقين) مەعنای وایە ئینسان گیرۆدەی هەر شتێ ببێ هەر بـە رووی راستی بدوێ خودا رزگاری ئەکات •



ناوچاوی راستان نووری خودایە
بۆ شەوی تاریك وێنەی چرایە
راستی لە دڵدا داری بە بەرە
بەرەکەی واتەی راستی بەشەرە
یانی قسەی راست لە دڵی راسە
کردەوەی چاکیش بۆ خوداناسە
راست گەیشت بە راست (نور على نور)
ئەبن بە مایەی دڵشادیو سروور
هەر لەبەر راستی مەردی رۆشن‌دڵ
چار ئەکا هەزار مەینەتو موشکوڵ
(فنجيناه من الغم) ببین
(وكذلك ننجي المؤمنين)
جا دەخیلتان بم هەتاکو ماون
سەرتان لە قاپی راستان بساون

ئایاتی قورئان بخوێنن بە حەق
ئەزانن صیدقە رزگاری موطڵەق
راستی بە حەدیث رێگەی بەهەشتە
تۆشەی غەریبی رێی دەرو دەشتە
مایەی ئیعتیبار بانگی عالەمە
تاجی شەرەفی سەری ئادەمە
دین : نەصیحەتەو راستیەو ئیخلاص
بۆ خوداو کیتاب ئەمجار لە بۆ ناس
یەکەم ناس بلێ (رسول الله)یە
دووەم سەرداری بە پایەو مایە
سێهەم بۆ گشتی . بەڵام بزانە
وردببەرەوە لەو ئینسانانە
ئەوەی خزمەتی خزمەتی حەقە
خزمەتی ئەوە فەرزی موطڵەقە
ئەمجار هەرکەسێ بە میزانی خۆی
خزمەتی بکە وا شایاوە بۆی
ژین بۆ راستیەو راستی بۆ خزمەت
خزمەت کلیلە بۆ قاپی رەحمەت
ئەمەیە دەرزی تەفسیری قورئان
راستی ئەساسە بۆ بەرزی ئینسان



★ (ما كانَ لِأَهْلِ المَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُمْ مِنَ الأَعْرابِ أَنْ يَتَخَلَّفُوا عَنْ رَسُولِ اللهِ وَلا يَرْغَبُوا بِأَنْفُسِهِمْ عَنْ نَفْسِهِ ذلِكَ بِأَنَّهُمْ لا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلا نَصَبٌ وَلا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللهِ وَلا يَطَؤُونَ مَوْطِئاً يَغِيظُ الكُفَّارَ وَلا يَنالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلاً إِلا كُتِبَ لَهُمْ بِهِ عَمَلٌ صالِحٌ ، إِنَّ اللهَ لا يُضِيعُ أَجْرَ المُحْسِنِينَ) (١٢٠) ★

جا پاش باسی دواکەوتوان خودا عیتاب لە دواکەوتوان ئەگرێو بەرغیبی موسوڵمانان ئەکا کە لەمەولا حازرو ئامادە بن بۆ ئەوە لەگەڵ حەزرەتا بن لە هەموو جەنگێکداو لە هەموو سەفەرو هاتو نەهاتێکدا ، وە ئەفەرموێت : رەواو شایستە نەبو بۆ ئەهلی شاری مەدینەو بۆ ئەو کەسانە وان بە دەوری ئەوانا لە ئەعراب کە پاش بکەون لە هاوڕێی حەزرەتی محەمەد ـدـ وە رەوا نەبو بۆیان کە ئیعراز بنێنو لابدەن لە هاوڕێی پێغەمەر ـدـ بە هۆی خۆشویستنی نەفسی خۆیانەوە وە لەو پایە گەورەو لەو ئەجرە زیادەو لەو شەرافەتە خۆیان نائومێدو بێبەش بکەن ؛ چونکی هەرکەس لەگەڵ ئەوا بێ تووشی هیچ تینێتی یا برسێتی یا ماندوێتی نابن لە رێگەی خوداداو هەنگاو نانێن بەسەر جێگە هەنگاوێکی وادا کە کافرەکان بخاتە قارەوە ، وە لە دوژمنەکانەوە گیرۆدەی کاردساتێکی نابار نابن وەکو کوشتن یا بە دیل چوون یا ماڵ بە تاڵان رۆیشتن ... ئیللا لە لایەنی خوداوە بۆیان ئەنووسرێ بە جەزای کردەوەیەکی باش لەبەر ئەوە کە بە راستی خودا پاداشو ئەجری خاوەن ئیحسانەکان زایە ناکا ، جا زۆر جێگەی ئەسەفە کە ئادەمی ئەم هەموو پیرۆزیو بەختیاری‌یە بە دەستی خۆی بەرباد بکا .

★ (ولا يُنْفِقونَ نَفَقَةً صَغيرَةً ولا كَبيرةً ولا يَقْطَعونَ وادِياً إلاّ كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيهُمُ اللهُ اَحْسَنَ ما كانُوا يَعْمَلونَ) (١٢١) ★

وە ئەو کەسانە کە لەگەڵ حەزرەتا بوون قەت ماڵێك خەرج ناکەن لە رێگەی خودادا ، کەم بێ یا زۆر ، وەکو ئەوە کە عوثمانی کوڕی عەفانو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف صەرفیان کرد لە سوپای (جیش العسرة)دا وە هیچ شیوو دۆڵێ نابڕن بە پیادارۆیشتن ئیللا نووسراوە بۆیانو لە نامەی کردەوەدا نووسراوە بۆ ئەوە کە خودا جەزایان بداتەوە بە یاسای جەزای باشترین کارێ ئەوان کردوویانە • واتە تەماشای کردەوەکانیان ئەکرێ کامیان زۆر زۆر جوانو بە نرخە خودای تەعالا لەسەر میزانی ئەوە جەزایان ئەداتەوە • وەلحاصڵ هەموو کردەوەکان ئەنووسین بە باش کردەوە •

★ (وما كانَ المُؤْمِنونَ لِيَنْفِرُوا كافَّةً) ★

وە هەر وەکو رەوا نەبو بۆ موسوڵمانان کە پاش بکەون لە سەفەری غەزادا لە حەزرەت وەها رەوا نیە کە هەموویشیان دەربچن •

★ (فلَوْلا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهوا في الدِّينِ ؟) ★

ئەوە بۆ دەرناچێ لە هەموو فیرقەیێ لەوان تاقمێ تایبەتی بۆ ئەوە کە فێری ئەحکامی دین ببن بە جیددی بە هەموو جۆرێ ؟

★ (ولِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إذا رَجَعُوا إلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) (١٢٢) ★

وە با بڕۆنەوە بۆ لای قەومە هاوزمانەکەی خۆیان وە ئینداریان بکەن‌و بیان‌ترسێنن لە سزای خودا بۆ سەر جاهیلان‌و عالمانی عەمەل نەکەر بەڵکو ئەوانیش بترسن لەو سزایەو دەسبەرداری خراپە بین‌و ڕوو بکەن لە بیرو باوەڕی باش‌و کردەوەی چاك •

ئیبن‌و ئەبی حاتەم ریوایەت ئەکا لە عەبدوڵلای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەڵێ : موسوڵمانەکان ئەوەندە حیرصیان پەیدا کرد لەسەر جیهاد کاتێ حەزرەت ـ د ـ سریەیەکی بناردایە بۆ شوێنێ بە جارێ هەموو ئەصحابەکان دەرئەچوون‌و حەزرەتیان بەجێ ئەهێشت • لە ناو کەمێ لە رەفیقانا ، جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد بۆ ئەوە کە بازێکیش هەمیشە لەگەڵ حەزرەتا حازر بن بۆ ئەوە لە ئەحکامی دین ئاگادار بین‌و حاڵی بین پاش ئەوە بیگەیەنن بە قەومی خۆیان • لەم ئایەتە وەرئەگیرێ کە دەرزووەرگرتن بۆ دین واجبێکی موقەددەسی ئیسلامە وەکو جیهاد شان بە شان ئەڕۆن ، بەڵکو لە جیهاد گرنگترە ؛ چونکی علم خزمەت ئەکا بە تەنویری دڵ بۆ وەرگرتنی ئەحکام ، وە یەکێ لەو ئەحکامانە جیهادە •

★ (يا أيُّها الَّذينَ آمَنوا قاتِلوا الَّذينَ يَلونَكُمْ مِنَ الكُفّارِ ولْيَجِدوا فيكُمْ غِلْظَةً ، واعْلَموا أنَّ اللهَ مَعَ المُتَّقينَ) (١٢٣) ★

واتە : ئەی کەسانێ کە ئیماتتان هێناوە جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەدا کە لە نیشتمانا نزیکن پێتان لە کافرەکان‌و با هەمیشە توندی‌و زبریتان

تێدا ببینن هەتا هەیبەتو هێزتان تیژکی خۆی بخاتە ناو دڵیانەوە ، وە بە یەقین بزانن کە بە راستی خودا وا لەگەڵ ئەوانەدا کە لە خودا ئەترسنو خۆیان ئەپارێزن لە بێ ئەمری خودا •

ئەم ئایەتە وارید بوە بۆ ئەوە کە موسوڵمانەکان دەوام بکەن لەسەر جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانا ؛ وە لە پێش هەموو شتێکا دەورو بەری خۆیان پاك بکەنەوە لـە جوولەکەو گاورو کافـرە موشریکەکان لـە (جزیرة العرب)دا ئەمجار بە قەی توانا جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنی خۆرهەڵاتیو دوژمنی خۆرنشیندا کە لەو کاتەدا ئامادە بوون بۆ ئەوە زیان لە میللەتی ئیسلام بدەن ، وە بە تایبەتی ئەوانە کە دەستەویەخەن لەگەڵتانا •

★ (وَإِذا ما اُنْزِلَتْ سورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقولُ : اَيُّكُمْ زادَتْهُ هذِهِ إِيماناً ؟) ★

وە کاتێ کە سوورەتێ لە قورئان یا پارچەیێ لە ئایەتی قورئان نازڵ ئەکرێ بۆ خوارەوە بازێ لە مونافیقەکان ئەڵێ بە بازێکیان : کامتان ئەم سوورەتە بوو بە هۆی زیادی ئیمانی ؟ وە طەبعەن ئەمەیش بـە شێوەی گاڵتە ئەڵێن ؛ چونکی مونافیق ئیمانی نیە هەتا ئایاتی مونزەلە ئیمانەکەی زیاد بکا •

★ (فَاَمَّـا الَّذيـنَ آمَنـوا فَزادَتْهُـمْ إيمـاناً وهُـمْ يَسْتَبْشِرونَ) (١٢٤) ★

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە بەو سوورەتە ئیمانیان زیاد ئەبێ ؛ چونکی ئەو حوکمە یا ئەو باسە لەو ئایەتەدا نازڵ بوە لە پێشا نەیانزانیوە وە لـە پاش نوزوول ئیمانیان پێ پەیـدا کردوە ، وە ئەگـەر هەر لـە

مەوضووعاتی پێشووی موسوڵمانی باس بکا ئەبێ بە هۆی هێزی باوەڕەکەیان بەو مەوزووعەو ئیمانیان قەبووڵی زیادە ئەکا • بە هەر حاڵ ئیمانیان زیاد ئەبێ بە هۆی ئەوانەوە کە نازڵ ئەبن •

★ (واَمَّا الَّذِينَ فِي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ فَزادَتْهُمْ رِجْساً الى رِجْسِهِمْ وماتُوا وهُمْ كافِرونَ) (١٢٥) ★

وە ئەو مونافیقانەیش کە نەخۆشی کوفرو نیفاق وا لە دڵیانا ئەوە هاتنەخوارەوەی ئەو سوورەتە نەخۆشین زیاد ئەکاو عەلاوەی نەخۆشینە پێشوەکەی ئەکا ، وە بەو شێوە ئەمرن بە حاڵی کوفرەوە ـ پەنا بە خودا ـ •

★ (اوَلا يَرَوْنَ اَنَّهُمْ يُفْتَنونَ في كُلِّ عامٍ مَرَّةً اوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لا يَتوبُونَ ولا هُمْ يَذَّكَّرونَ ؟!) (١٢٦) ★

عەجەبا ! بۆچی ئەمانە لە بەسەرهاتی خۆیان عیبرەت ناگرنو (پەند پەزیر) نابن • ئایا نابینن‌و تەماشا ناکەن ئەوەتە پێغەمەری خودا ـدـ هاتوەتە مەدینەی مونەوەرەو هەر ساڵێ جارێ بۆ بازێکیان‌و دوو جار بۆ بازێ تریان گیرۆدە ئەبن ، وە ئەو فیتنە بریتیە لە رسوا بوون‌و ئابڕوو چوون بە دەرکەوتنی نیفاقیان ، وە یا بە قاتی‌و گرانی وە یا بە ناساغی‌و مردن کەچی پاش ئەم هەموو مەینەتە نە تەوبە ئەکەن لە تاوانەکانیان بە ئیمانهێنانێکی ساغ ، ئەگەر لەوانەبێ ئیمان بێنن • وە نە بیر ئەکەنەوە لە کارەساتی جیهانا وە لە مێژووی رابوردوانا کە خودا ویستی گەلێ بەرز بکاتەوە ئیتر فڕو فێڵ لەگەڵ ئەو گەلەدا بێ سوودە ؟!

★ (وإذا ما اُنْزِلَتْ سورَةٌ نَظَرَ بَعْضُهُمْ إلى بَعْضٍ هَلْ يَراكُمْ مِنْ اَحَدٍ ؟ ثُمَّ انْصَرفوا صَرَفَ اللهُ قُلوبَهُمْ بِاَنَّهُمْ قَوْمٌ لا يَفْقَهونَ) (١٢٧) ★

وە کاتێ کە سۆرەتێ نازڵ بکرێ لە لایەنی خوداوە وە ئەو کافرە مونافیقانە لە مەجلیسی حەزرەتا ـدـ حازربن بازێکیان ئەڕوانن بۆ بازێکیان بە شێوەی گاڵتەو غەمزەوە وە ئەڵێن : ئایا کەس هەیە لەم مەجلیسەداو کەس ئێوە ئەبینێ ئەگەر لەم شوێنە هەستن ؟ جا ئەگەر کەس بو ئەوە لەو شوێنەدا ئەمێننەوە بۆ ئەوە نەڵێن ئەمانە کافرنو حەز لە هاتنەخوارەوەی ئایەت ناکەن ، وە ئەگەر دەوری حەزرەت چۆڵ بێ ئەوە ئیتر دەرئەچنو ئەڕۆنە دەرەوە لەبەر ئەوە زۆر دڵیان تەنگ ئەبێ لە باسی قورئانو ئەحکامی ئیسلام • جا خودای تەعالا بە یاسای دۆعای شەڕ ئەفەرموێ : خودا دڵیان هەڵچەرخێنێ لە دەرکی شتی بەسوود ، وە هەر لە دەریای نەفامیدا پێمەلە بکەن ، وە ئەم وەزعەیشیان لەبەر ئەوەیە کە ئەو مونافیقانە قەومێکن فامی حەقایق ناکەنو سوودو زیانی خۆیان جیاناکەنەوە •

جا خودای تەعالا بە شێوەی ئامۆژگاری روو ئەکاتە عەرەبەکانو بە ئوسلوبی حەکیم ئەفەرموێت :

★ (لَقَدْ جاءَكُمْ رسولٌ مِن اَنْفُسِكُمْ ، عَزِيزٌ عَلَيْهِ ما عَنِتُّمْ ، حريصٌ عَلَيْكُمْ ، بِالمُؤْمِنينَ رؤوفٌ رَحِيمٌ) (١٢٨) ★

ئەی حازرانی رۆژ بە راستی هاتوە بۆ لای ئێوە لە لایەنی خوداوە پێغەمەرێکی رەهبەری وا کە دارای چەن سیفەتی وایە یەکە یەکە ئەو

سیفەتانە بۆ ئەوە ئەشێن ببن بە داعی بۆ ئیمان پێهێنانی چ جای ئەوە کە هەموو بکەونە یەك !

یەکەم : لە عونصوری خۆتانەو کاتێ رەهبەر لە عونصوری ئـەو چینە بو حەق وایە زۆر خۆشیان بوێ ؛ چونکی وجوودی ئەوە نابێ بە هۆی فەزلی قەومێکی بێگانە لە سەریان •

دوەم : زۆر نابارو ناهەموارە لەسەر دڵی ئەو کـە ئێوە بفەوتێن‌و بـەم شێوە لـە عالەمی نادانی‌و بێ‌سامانی‌و بێ ئیمانیـدا بمێننەوە ، وە پێغەمەرێ ئەوەندە دڵسۆز بێ حەق وایە ئینسان بۆ ئەو پێغەمەرە ببێ بە فیدایی •

سێهەم : زۆر خاوەن رەغبەت‌و جیددیەتە لەسەر هیدایەت‌و شارەزایی ئێوە ، وە کەسێ نیە بە بێ موبالاتانە دەعوەت بکا بەڵکو ئەوەندە خۆی ماندو ئەکا پێتانەوە کـە لەوانەیە خودا بەزەیی بێتەوە پیـایا بۆیە پێی فەرموو (فلعلك باخـع نفسك على اثارهم ان لم يؤمنوا بهـذا الحـديث اسـفا) •

چوارەم : دارایی میهرەبانی‌و فەیزبەخشی‌و نوور پەخشانیە بەسـەر موسوڵمانانەو لە باوکیان میهرەبانترە •

جا ئەمجار روو ئەکاتە حەزرەت وە ئەفەرموێت پێی :

★ (فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ : حَسْبِيَ اللهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظِيمِ) (١٢٩) ★

جا ئەگەر ئەو کافرانە ، موونافیق‌و غەیرە موونافیق ، پشتیان لـــە ئیطاعەی تۆ هەڵکردو موسوڵمان نەبوون وە یاخود پشتیان هەڵکرد لـە

ئارامیی‌و داوای جه‌نگیان کرد ئه‌وه تۆ به‌و وه‌زعه دڵت تێك نه‌چیی‌و له‌سه‌ر بانگ‌کردنی عاله‌م ده‌وام بکه‌و بڵێ . ئه‌و خودایه که منی دروست کرد له نه‌بوون‌و له‌نه‌زانی ئه‌حکامه‌وه کردمی به ره‌هنموون‌و له بێ‌ده‌ستیی‌و بێ‌هێزیه‌وه کردمی به خاوه‌ن سوپای فیدایی له موهاجیرین‌و ئه‌نصارو غه‌یری ئه‌وان .. هه‌ر ئه‌وه به‌سه بۆ من بۆ یارمه‌تیدانم له ته‌واوکردنی موهیمه‌ی خۆمداو له چاره‌ی دوژمنه‌کانماو له چاودێریما بۆ خۆم‌و په‌یڕه‌وانم‌و هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌و ئیعتیماد ئه‌که‌م وه هه‌ر پاڵ به په‌نای ئه‌وه‌وه ئه‌ده‌م . که‌س شایاو نیه بۆ په‌ناداریی‌و عیباده‌ت‌بوکردن‌و بۆ په‌روه‌ردگاری ئه‌و نه‌بێ . له‌سه‌ر ئه‌و ته‌وه‌کول ئه‌به‌ستم‌و ئه‌و په‌روه‌ردگای عه‌رشی گه‌وره‌یه .

سوورەتی یونس (مەکی)یە ١٠٩ ئایەتە

ریوایەت کراوە : ئەم سوورەتە مەکی‌یە ئایاتی چل‌و نەوەدو چوارو نەوەدو پێنج‌و نەوەدو شەش نەبێ ، ئەمانە مەدەنین ، وە ئایەتەکانی صەدو نۆ ئایەتن‌و پاش سوورەتی ئیسراء نازڵ بوون •

بسم الله الرحمن الرحیم

★ (الر تِلْكَ آياتُ الكِتَابِ الحَكِيمِ) (١) ★

مەعنای (الر) حەواڵەی عیلمی زاتی خودایە ، واتە : ئەم ئایەتانە کە دێنە خوارەوە لەم سوورەتەدا ئایاتی کتێبێکی خاوەن قیمەت‌و دامەزراوو نەفەوتاون •

★ (اَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَباً اَنْ اَوْحَيْنَا إلى رَجُلٍ مِنْهُمْ اَنْ اَنْذِرِ النَّاسَ وبَشِّرِ الَّذينَ آمَنوا اَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِنْدَ رَبِّهِمْ !؟ قالَ الكافِرون إنَّ هذا لَسَاحِرٌ مُبِينٌ) (٢) ★

ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عەباسەوە (خ) : کاتێ کە خودا حەزرەتی محەمەدی (د) کرد بە پێغەمەرو رەوانەی کرد عەرەب ئینکاری پێغەمەرایەتی ئەویان کردو وتیان : خودا گەورەترە لەوە فرستادەی خۆی بکا بە ئادەمیزاد . جا خودا ئەم ئایەتەی نارد ، هەروا (وما ارسلنا من قبلك الا رجالا نوحی الیهم)ی ناردە خوارەوە لە سوورەتی (نحل)دا • وە کاتێ خودا زۆر دەلیلی نازڵ کرد لەسەر ئەوە ئادەمیزاد ئەبن بە رەهبەر ئەو جارە

وتیان : دەی مادام پێغەمەر لە ئادەمیزاد بێ ئەوە غەیری محەمەد شایاوترە بۆ رەوانەکردن ، وەکو وەلیدی کوڕی موغیرە لە مەکەداو ، مەسعوودی کوڕی عەمری ثەقەفی لە طائیفدا ، جا خودای تەعالا ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە : (لولا نزل هذا القرآن علی رجل من القریتین عظیم ، اهم یقسمون رحمة ربك ؟..) جا ئەفەرموێت : ئایا ئەوە کە ئێمە وەحی بکەین بۆ لای پیاوێ لە خۆیان کە ئادەمیزادان بترسینە لە نافەرمانی ئێمەو لـــە پاداشی ناسازی پاشەڕۆژ بە شتێکی عەجیبو هۆی سەرسوڕمانی ئەزانن ، ئەی نەیانبیستوە لە کاتێکەوە ئێمە کوورەی عەرزمان ئاوەدان کردوەتەوە بە ئادەمیزاد هەر لە ئادەمیزاد رەهبەرمان ناردوە بۆ لایان ، وە ئەی پێغەمەر تۆ موبالات مەکە بەمانە کە سەریان سوڕئەمێنێ لە ناردنی رەهبەری ئادەمی بۆ لای ئادەمی وە موژدە بدە بەو کەسانە کە ئیمانیان هێنـاوە : کـە دامەزراوییەکی ساغیان هەیە لە لای خودای خۆیانو پایــەو شانێکی باشیان هەیە[1] وە بە قەطعی چاوی دڵتان نەڕوانێ بۆ ئەو کافرانە کـە عەقڵو هۆشیان وا لە لای چاوو گوێیانو تەوانایی خودایان فەرامۆش کردوە . وە هەر لەبەر ئەوە کە محەمەد (د) خاوەن رەوشتو خووی بەرزەو کەلامێکیان بەسەردا ئەخوێنێتەوە کە ناتوانن وێنەی بڵێنو تا ئیســـتە وێنەیان نەبیستوە ئەڵێن بە راستی ئەم محەمەدە جادووگەرێکی ئاشکرایە .

★ (إِنَّ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَ السَّموات والأَرْضَ في سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوى على العَرْشِ ، يُدَبِّرُ الأَمْرَ ، ما مِنْ شَفِيعٍ إِلاَّ مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ ، ذلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمْ فاعْبُدوه ، أَفَلا تَذَكَّرُونَ ؟) (٣) ★

---

(١) ئینسانێکی دامەزراو کاتێ لە جێگەی تەختا باش رائەوەستێ ئەڵێن (قدم الصدق)ی هەیە ، جا ئەمەبوە بە کینایە لە پایەو شان .

بە راستی پەروەردگاری ئێوە خودایەکە ناوی بەرزی ئەو ئەڵڵایەو ئەو خودایە ئاسمانەکانو عەرزی دروستکردوە لە ماوەی شەش رۆژا ، وە پاش ئەوە بزانن کە خودا عەرشی داگیرکردوەو حاڵو شێوەی خـودا وایە کە ئومووراتو ئەوزاعی جیهان ئیدارە ئەکاو رێکیان ئەخا بە ئەمری ئیبداعیو ئیجادی خۆی بە بێ ئەوەی کە کەسێ پەیوەندی ببێ بە شێوەی تەئثیرکردن بەو تەسەڕوفاتەوە ، وە هەرچی پێویست بێ لە خەلقو ئیجادی هەر شتێکدا هەمووی بە شێوەی رابوردنی عادەتو یاسای خودایە کـە ئەسبابو موسەبەباتی داناوە • وە لە جەزادانەوەی هەموو کردەوەیەکدا بۆ هەر کەسێ هیچ کەس نیە تکا بکا بۆ لابردنی تۆڵەیێ یا سووککردنی یا زیادکردنی پایەیێ ئیللا لە پاش ئیذنو ئیجازەی خودا ، ئا ئەم زاتەیە کە ئەم کردەوەو شوئوووناتەی بەیان کرا خودای ئێوە دەی هـەر عیبادەتو بەندەگی بۆ ئەو بکەنو لەم رێگە لامەدەن ، ئایا پاش ئەم هەموە بەیاناتە بیر ناکەنەوە بە کەم بیرکردنەوەیێ هەتا بزانن هەر ئەو (واجب الوجود)ەو هەر ئەو پەروەردگارەو هەر ئەو شایاوە بۆ ئەوە عیبادەتی بۆ بکرێ •

لەم ئایەتە گەورەدا چەن باس هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوەی لە ئایەتی پێشوودا دەرکەوت کـە وەحی ناردنی خودایە بۆ ئینسانێ لە ناو ئینسانانا ، واتە خودایێ کە بتوانێ ئەم عاسمانو عەرزە دروست بکاو خۆی تەوانا بێ بەسەر هەموو شتێکداو کەس مەجالی تکای نەبێ بۆ کەس هەتا ئیذنی خۆی نەبێ ئـەو خودایە ئەم جیهانەی بە بێ سوود دروست نەکردوەو نیزامی دینو پرسیاری پاشەڕۆژی قەرار داوەو ئەو یاسایە پێویستە بە رەهبەر ، وە ئەو رەهبەرەیش ئەگەر هەر لە ئینسانەکان نەبێ تەمێو تەربیە بە ئاسانی جێبەجێ نابێ کە

وابێ شتێکی زۆر شیرینه هه‌ر له نه‌فسی ئه‌م ئاده‌میزادانه خودا یه‌کێ ره‌وانه بکا بۆ ته‌علیماتی ئه‌حکامی خۆی وه ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه له نه‌فسی نه‌ژادی ئه‌وانیش بێ جوانتره •

دووه‌م : ئه‌مه‌یه له پێش دروستکردنی ئاسمانو عه‌رزا مانگو رۆژ نه‌بوه ؛ ده‌ی ئه‌بێ ئه‌و شه‌ش رۆژه که خودا بریاری داوه بۆ خه‌لقی ئاسمانه‌کانو عه‌رز ئه‌بێ یا مه‌به‌س ئه‌ندازه‌ی ئه‌و شه‌ش رۆژه بێ ، که خۆی زانایه پێی ، وه یا ئه‌بێ ئه‌و رۆژانه رۆژی ئه‌م جیهانی ئێمه نه‌بێ به‌لکو له‌و رۆژانه بێ که خۆی فه‌رموویه‌تی : (وان یوما عند ربك كألف سنة مما تعدون) به‌م پێیه ئه‌بێ چلۆنیه‌تی ئه‌و دروستکردنی ئاسمانو عه‌رزه له‌و ماوه‌دا حه‌واڵه‌ی عیلمی زاتی خودای ته‌عالا بکرێ ئه‌گه‌رنا که‌س به ته‌فسیلی ئه‌وه نازانێ •

سێهه‌م : خودای ته‌عالا هه‌رچه‌ن که ته‌وانایه هه‌ر شتێ خواستی له‌سه‌ر بوونی بێ به فه‌وری دروستی بکا به‌ڵام یاسای ته‌دریجو ته‌رتیبی کردوه به عاده‌تی خۆی ئه‌گه‌رنا خه‌لقو ئیجادی هه‌ر شتێ بۆ خودا ئاسانه‌و رابوردنی ماوه‌ی زه‌مانی پێ ناوێ •

چواره‌م : جومله‌ی (ثم استوی علی العرش)و هاو وێنه‌ی ئه‌و له لای بازێ له زانا گه‌وره‌کان له ئایاتی (متشابه)ه‌یه‌و نابێ زاهیره‌که‌ی موراد بێ ئه‌گه‌رنا ئه‌گه‌ر دامه‌زرانی له‌سه‌ر عه‌رش له‌به‌ر ئه‌وه بێ که پێویستی به مه‌کان بێ ئه‌وه ئه‌بێ به هۆی چه‌ن ره‌خنه :

١ ـ ئیسباتی ئیحتیاجه بۆ خودا به مه‌کان •

٢ ـ ئه‌مه‌یه ئه‌بێ خالیق ئه‌جزای مه‌حدووده بێ به قه‌ی جێگه‌که‌ی یا که‌متر له‌و جێگه •

٣ ـ یا ئەبێ عەرش قەدیم بێ لەگەڵ زاتی خودادا ؛ وە یا ئەبێ لە پێش خەلقی عەرشا خودا بێ جێگە بووبێ ، وە ئەمانە هەموویان ئیعتیباریان بۆ زاتی باری مەحاڵە •

جا مادام زاهیرەکەی موراد نەبو یا ئەبێ وەکو (سلف) ـ پێشینانی زانایانی دین ـ ئیمانیان پێ بێنین و مەعناکەیان حەواڵەی عیلمی خودا بکەین ؛ وە یا ئەبێ وەکو (خلف) تەئویلیان بکەین بە تەئویلی موناسب ، مەثەلا بڵێین : مەبەس لە (ئیستیوا لەسەر عەرش) دەربڕینی تەوانایی و زاڵبوونە بەسەر هەموو کائیناتا ، چونکی چوونە سەر تەخت مانای سەلطەنەتی (فوق العادە)یە •

وە لە لای بازێ لە زاناکان وەکو ئیمامی غەزالی (خ) ئەمانە لە ئایاتی موتەشابیهە نین ؛ چونکی ئەم نەوعە کەلامانە لە عورفدا ئیستیعمال ئەکرێن بۆ ئەو مەعنا مەجازیانە کە فام ئەکرێن لێیان بە قەرینەی حاڵ و مەقام ؛ ئیتر ناوترێ ئەمانە لە موتەشابیهاتن بەڵکو موتەشابیهات عیبارەتن لە (فواتح السور) وەکو (الم ، المر ، الر)و وێنەی ئەوانە وە وەکو ئەو ئایەتانەی دەلالەت لەسەر ئەو مەعنایانە ئەکەن کە هەر خودا خۆی ئەیانزانێ ؛ وەکو عومری دنیاو ، هاتنی رۆژی قیامەت و ، سەرەتای خەلقی عالەم و ، ژمارەی مەوجوودات و ، ئەستێرەکانی جیهان •••

پێنجەم : تەدبیری خودا بۆ ئومموورات مەعنای حەصری تەئثیرە لە زاتی خۆیا وە حەصری عیلم و تەوانایی رەسایە لە زاتی خۆیا ، وە مانیع نیە لەوە کە ئومموورات دابمەزرێنێ لەسەر یاسای ئەسباب و موسەبەبات وەکو فەرموویەتی : (وآتيناه من كل شيء سببا فاتبع سببا) ، وە هەر وەکو فریشتەکانی کردوە بە مەئموور لەسەر پاراستنی ئەشیا ، وەکو لە

قورئانا به تایبه‌تی له سووره‌تی (مرسلات)و (نازعات)دا به‌یانی کردوه وه وه‌کو یاسای ته‌ربیه‌تکردنی کشتوکاڵو په‌یدابوونی دارایی‌و ئیداره‌ی فه‌رمانڕه‌وایی‌و سوپا ڕێخستن‌و غه‌یری ئه‌مانه له جیهانا .

★ (إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعاً وَعْدَ اللهِ حَقّاً إِنَّهُ يَبْدَؤُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ) (٤) ★

هه‌ر بۆ لای ئه‌و خودایه ئه‌بێ گه‌ڕانه‌وه‌نان له ڕۆژی قیامه‌تا به شێوه‌ی گشتی ؛ چونکی ئه‌و خودایه ده‌ستی کردوه به دروستکردنی ئێوه‌و پێشینانی ئێوه‌و ده‌ست ئه‌کا به دروستکردنی نه‌ته‌وه‌ی ئێوه له‌و ماده که خۆی ئاماده‌ی کردوه وه له پاش ئه‌وه که قه‌واره‌و هه‌یکه‌لی فه‌وتاندن دووباره دروستتان ئه‌کاته‌وه بۆ ئه‌وه که ئه‌و که‌سانه ئیمانیان هێناوه به خوداو پێغه‌مه‌ری خوداو ، کرده‌وه‌ی باشیان کردوه جه‌زایان بداته‌وه به صووره‌تی عه‌داله‌ت‌و ڕاستکاری ، وه ئه‌و که‌سانه‌یش کافربوون به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا هه‌یه بۆیان خواردنه‌وه‌یێ له ئاوێکی گه‌رم‌و سزایه‌کی ئێشگه‌یێن به هۆی ئه‌وه‌وه که کوفری خودایان کردوه‌و ده‌یکه‌ن .

★ (هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُوراً وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) (٥) ★

خودا ئه‌و خاوه‌ن قودره‌ته‌یه که ڕۆژی کردوه به خاوه‌نی ڕووناکی زاتی خۆبه‌خۆ ، وه مانگی کردوه به خاوه‌ن ڕووناکی له ڕۆژه‌وه ، وه هه‌ر

کام لەم رۆژو مانگەی کردوە بە خاوەنی چەن جێگەو شوێنی تایبەتی بۆ دەرکەوتنیان لە هەموو شەوو رۆژێکدا بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەمانەوە شەوو رۆژو حەفتەو مانگ‌و ساڵ‌و بەهارو هاوین‌و پایزو زســـتان‌و حیساباتی کات‌و مەوسیم‌بێتە جێگە ، هەتا ئێوە رایان‌بگرن وە ژمـــارەی ســـالانی خۆتان‌و میزانی کارو کاسبی‌و حسێبی خۆتان بزانن ، وە هۆی ژیاتـــان بە یاسایەکی رێك بـــۆ رێ‌بکەوێ ، خودای تەعـــالا ئەمانـــەی دروست نەکردوە لەگەڵ حیکمەت‌و راسالیدا نەبێ ، وە خودا ئایاتی خۆی بـــە تەفسیل نازل ئەکا بۆ ئێوە لە هەموو بابەتێکەوە بۆ ئەو قەومە کە ئاگادارن‌و زانان‌و سوود وەرئەگرن لە ئایاتی خودا •

★ (إِنَّ فِي اخْتِلافِ اللَّيْلِ وَالنَّهارِ وما خَلَقَ اللهُ فِي السَّمواتِ والأَرْضِ لآياتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ) (٦) ★

بە راستی هەیە لە بەدوای یەك‌هاتنی شەوو رۆژاو لـــە گۆڕانیان‌و جیاوازییان لەیەك لـــە کورتی‌و درێژیدا ، وە لەوەدا کـــە خـــودا دروستی کردوون لە ئاسمانەکاناو لە عەزرا لە ئەستێرەی هەزاران جۆرو هەزاران شێوە وە لە فریشتەو لە مەوجاتی ئاوی دەریاو لە کشانەوەیداو لە کان‌و گیاو گیانلەبەران‌و لەو دەرمان‌و خەواصەدا کە لەم شتانەدا هەیە چـــەن نیشانەیەکی گەورەو دیاری بۆ قەومێ کە لـــە خودا ئەترسن‌و لـــە رووی ئیعتیبارەوە بیر لەم شتانە ئەکەنەوە •

★ (إِنَّ الَّذِينَ لا يَرْجُـونَ لِقـاءَنا ورَضُـوا بِالْحَياةِ الدُّنْيـا واطْمأَنُّوا بِها والَّذِينَ هُمْ عَنْ آياتِنا غافِلونَ (٧) اولئِكَ مأويهُمُ النَّارُ بِما كانُوا يَكْسِبونَ) (٨) ★

به راستی ئه‌و كه‌سانه كه چاوه‌ڕێیی گه‌یشتن به ئێمه ناكه‌ن ، واته باوه‌ڕیان به خوداو به یاسای دین‌و پاشه‌ڕۆژو زیندوبوونه‌وه‌ی موكه‌له‌فه‌كان‌و پرسیار لێ‌كردنیان نیه ، وه ئه‌و كه‌سانه كه رازی بوون به‌م ژیانی دنیایه‌و دڵیان دامه‌زراوه له‌سه‌ری‌و به رۆح‌و گیان خزمه‌تی ئه‌كه‌ن‌و ئه‌و كه‌سانه كه له ئایاتی وه‌عدو وه‌عیدی ئێمه بێ ئاگان له‌به‌ر ئه‌وه كه رۆچوون به ئاره‌زووی خۆیانا ئه‌مانه هه‌موو له ئه‌نجاما ماوایان ئاگره به هۆی ئه‌وه‌وه كه ئه‌یكه‌ن‌و ده‌وامی له‌سه‌ر ئه‌كه‌ن له كرده‌وه‌ی نابارو ناڕه‌وا .

★ (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ) (٩) ★

به راستی ئه‌و كه‌سانه كه ئیمانیان هێناوه به خوداو پێغه‌مه‌ری خوداو كرده‌وه‌ی باشیان كردوه ئه‌وه خودای ته‌عالا به پیرۆزی ئه‌و ئیمان‌و بیرو باوه‌ڕه‌یانه‌وه وه به نووری ئه‌و كرده‌وه باشانه‌یانه‌وه شاره‌زایان ئه‌كا بۆ رێگه‌ی به‌خته‌وه‌ری هه‌میشه‌یی كه بریتیه له ده‌ركی حه‌قایق‌و بیركردنه‌وه له شتی به‌سوودو دووركه‌وتنه‌وه له تاوان‌و هاوڕێتی پیاوی باش‌و ئیتیصاف به فه‌زایلی ئه‌خلاق وه‌كو خودا فه‌رموویه‌تی : (واتقوا الله ويعلمكم الله)وه وه‌كو حه‌زره‌ت فه‌رموویه‌تی : (من عمل بما علم اورثه الله علم ما لم يعلم) واته : هه‌ركه‌سێ ره‌فتار بكا به‌وه كه ئه‌یزانێ له ئادابی ئیسلام ئه‌وه خودا پێی ئه‌دا زانستی ئه‌و شتانه كه وه‌ختی خۆی نه‌یزانیوه ، وه ئه‌وانه ئه‌ڕۆنه به‌هه‌شته‌وه ئه‌و به‌هه‌شته كه تاریف كراود له لایه‌نی خوداوه‌و له ژێر قه‌سره‌كانیانه‌وه جۆبار ره‌وان ئه‌بێ له به‌هه‌شتی خاوه‌ن نیعمه‌تا .

★ (دَعْواهُمْ فِيها سُبْحانَكَ اللّهُمَّ ، وتَحِيَّتُهُمْ فِيها سَلامٌ .
وآخِرُ دَعْواهُمْ انِ الْحَمْدُ لِلّهِ ربِّ العالَمِينَ) (١٠) ★

دۆعاو پاڕانەوەی ئەو بەهەشتیانە بەم عیبارەتەیە ئەڵێن (سبحانك اللهم)وە سەلامکردنیان لە ناو خۆیانا بە عیبارەتی ئیسلامانەیە ، واتە بە جوملەی (السلام عليكم) وە یا سەلامی فریشتەکان لەوان بە جوملەی (سلام عليكم طبتم فادخلوها خالدين) ئـەبێ ؛ وە ئاخـر کەلامیان کـە تەقدیمی ئەکەن ئەمەیە ئەڵێن : (الحمد لله الذي صدقنا وعـده واورثنـا الارض نتبوأ من الجنة حيث نشاء) •

لە کەرەمی خودای میهرەبان داوا ئەکەین کە ئێمەیش لە ریزی ئـەم موسوڵمانانەدا قەرار بدا بە خاتری خۆشەویستی خۆی کە حەزرەتی (محمد المصطفى وشفيع المذنبين)ە •

★ (ولَوْ يُعَجِّلُ اللهُ لِلنّاسِ الشَّرَّ اسْتِعْجالَهُمْ بِالْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ اَجَلُهُمْ فنَذَرُ الَّذِينَ لا يَرْجونَ لِقاءَنَا فِي طُغْيانِهِمْ يَعْمَهونَ) (١١) ★

ئەگەر خودای تەعالا بە پەلە بەڵاو مەینەتو موصیبەتی بناردایە بۆ سەر ئەوانە کـە موستەحەقن بۆی وەکو ئـەوە خێرو نازو نیعمەتیان بۆ ئەنێرێ لەو کاتەدا داوای ئەکەن بـە پەلەو تاڵووکە •• ئەوە زووبەزوو وادەی ئاکامیان ئەهات بۆیانو حوکم ئەدرا بە سەریانا بە مردنو فەوتەن پاش مردنەکەیشیان سزا ئـەدران ، بەڵام پەلـە ناکەین لـە ناردنی بەڵاو مەینەتا بۆیان وە ئەو کەسانە ئەهێڵینەوە کە رجای لیقای ئێمەیان نیە لە ناوِ ئەو توغیانو گومڕاهیەدا با هەر سەرگەردان بمێننەوە •

★ (وإذا مَسَّ الإنسانَ الضُّرُّ دعانا لِجَنْبِهِ أَوْ قاعِداً أَوْ قائِماً ، فلمّا كَشَفْنا عَنْهُ ضُرَّهُ مَرَّ كأَنْ لَمْ يَدْعُنا إلى ضُرٍّ مَسَّهُ ! كذلِكَ زُيِّنَ لِلمُسْرِفينَ ما كانُوا يَعْمَلونَ) (١٢) ★

واته : ته‌بیعه‌تی ئینسانی كافر وایه كاتێ كه به‌لاو مه‌ینه‌تیێكی پێ بگا له نه‌فسیا یا له ئه‌ولادیا یا له پایه‌و مایه‌یا ده‌ست ئه‌كا به پاڕانه‌وه لێمان له‌سه‌ر ته‌نیشت وه به دانیشتنه‌وه وه به راوه‌ستانه‌وه ... واته له هیچ كاتێكدا ده‌سبه‌ردارنا بێ له لاڵه‌و پاڵه كه‌چی كاتێ ئه‌و به‌لاّمانه هه‌ڵگرت له‌سه‌ری رائه‌بوورێ به ناو خه‌ڵكدا وه له بازاڕو ده‌را به ده‌ماره‌وه له‌گه‌ڵ فه‌رامۆشكردنی ناوی ئێمه‌دا وه‌كو هه‌رگیز ئێمه‌ی بانگ نه‌كردبێ بۆ ده‌فعی به‌لاّو مه‌ینه‌تێ كه پێی گه‌یشتبوو ؛ وه به‌م شێوه جوانكراوه كرده‌وه له به‌رچاوی ئه‌وانه‌دا كه زیاده‌ڕه‌وی ئه‌كه‌ن له كارو كرده‌وه‌و خوو ره‌وشتی خۆیانا .

★ (ولَقَدْ أَهْلَكْنا القُرونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لمّا ظَلَموا وجاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّناتِ وما كانُوا لِيُؤْمِنوا كذلِكَ نَجْزِي القَوْمَ المُجْرِمينَ) (١٣) ★

به راستی ئه‌هلی ئه‌و چه‌رخه پێشوه‌كانی پێش ئێوه‌م به فه‌نادا دان له كاتێكدا سته‌میان كردو له رێگه‌ی راست لایانداو ، پێغه‌مه‌ره‌كانیان هاتن بۆ لایان له‌گه‌ڵ ئایاتی دامه‌زراوو ده‌لیلی به‌هێزو موعجیزاتی دیاریدا ، كه‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌مووه هۆی ئیمانهێنانیانه‌دا هه‌ر خۆیان ئاماده نه‌كرد بۆ ئیمان وه له‌وانه نه‌بوون كه ئیمان بێنن ، (كأنه) ئیستیعدادی ئیمانیان نه‌ماوه . جا هه‌ر قه‌ومێ تاوانبارو له رێگه لاده‌ر وه ئیستیعدادی زاتی كزكردووبن ئێمه وه‌ها ئه‌یانفه‌وتێنین شوێنه‌واریان نه‌مێنێ .

★ (ثُمَّ جَعَلْناكُمْ خلائِفَ فِي الاَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْملونَ) (١٤) ★

له پاشان ئێوەمان کرد بە جێگەنشینی ئەوان لە عەرزا لە پاش ئەوان بۆ ئەوە کە تەماشاتان بکەین چی ئەکەن‌و کردەوەتان چۆن ئەبێ •

فەرموودەی خودا : (واذا تتلی علیهم آیاتنا •••)

موجاهید فەرموویەتی : ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە موشریکەکانی مەکەدا ، وە موقاتیل ئەڵێ : ئەوانە پێنج کەسن : عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئومەییەی مەخزوومی‌و ، وەلیدی کوڕی موغیرەو (مکرز)ی کوڕی (حفص)و ، عەمری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ئەبو قوبەیسی عامیری‌و ، عاصی کوڕی عامیر • ئەمانە بە حەزرەتیان وت : قورئانێکی ترمان بۆ بێنە باسی تەرکی عیبادەتی بتەکانی تیا نەبێ ، وە یاخود ئەو ئایەتانە کە باسی ئەوان بە خراپی ئەکەن بیانگۆڕە • جا خودا ئەفەرموێت :

★ (وإذا تُتْلى عَلَيْهِمْ آياتُنا بَيِّناتٍ قالَ الَّذينَ لا يَرْجونَ لِقاءَنا : ائْتِ بِقُرآنٍ غَيْرِ هذا اَوْ بَدِّلْهُ) ★

کاتێ کە ئایاتی رووناکی ئێمە ئەخوێنرێنەوە بەسەریانا ئەو کەسانە کە رجای ئەوەیان نیە بگەن بە ئێمە (واتە باوەڕیان بە خوداو بە زیندوبوونەوە نیە) ئەڵێن : ئەی محەمەد قورئانێکی ترمان بۆ بێنە ، غەیری ئەم قورئانە ، کە نەهی ئەکا لە عیبادەتی (لات)و (عوزا) ، وە یا ئەو ئایەتانە کە دژی بتەکانن بیانگۆڕە بە ئایاتێ کە رێك بکەون لەگەڵیانا •

★ (قُلْ : ما یَكونُ لِي اَنْ اُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقاءِ نَفْسِي ، إنْ اَتَّبِعُ إلاَّ ما یُوحی إليَّ) ★

ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست تۆ بڵێ : به‌ قه‌تعی بۆ من نابێ‌و ناكرێ كه‌ ئایه‌تێ له‌م قورئانه‌ له‌ خۆمه‌وه‌ بگۆڕم هه‌تا خودا ئه‌مرم پێ نه‌كا ، جا مادام ئایه‌تێكم پێ نه‌گۆڕرێ چلۆن مومكین ئه‌بێ ئه‌م قورئانه‌ بگۆڕم به‌ قورئانێكی تر ؟ وه‌ من تابیع نابم به‌وه‌ نه‌بێ كه‌ به‌ وه‌حی دێ بۆ لام •

★ (إنِّي اَخافُ - إنْ عَصَیتُ رَبِّي - عَذابَ یَوْمٍ عَظِیمٍ) (١٥) ★

من به‌ راستی ئه‌ترسم - ئه‌گه‌ر نافه‌رمانی خودای خۆم بكه‌م - له‌ سزایه‌كی گه‌وره‌ له‌ رۆژێكی گه‌وره‌ی خاوه‌ن ترس‌و هه‌یبه‌تا •

★ (قُلْ : لَوْ شاءَ اللهُ ما تَلَوْتُهُ علَیْكُمْ ولا اَدْریكُم بِهِ) ★

تۆ بڵێ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری نازار : ئه‌گه‌ر خودا خواستی ببوایه‌ كه‌ من ئه‌م قورئانه‌م بۆ نازڵ نه‌بێ وه‌ یا من نه‌یخوێنمه‌وه‌ به‌سه‌رتانا ئه‌وه‌ من نه‌مه‌خوێنده‌وه‌ به‌سه‌رتانا وه‌ خودایش ئێوه‌ی ئاگادارو زانا نه‌ده‌كرد به‌م قورئانه‌ •

★ (فَقَدْ لَبِثْتُ فِیكُمْ عُمُراً مِنْ قَبْلِهِ ، اَفَلا تَعْقِلونَ ؟) (١٦) ★

ئێوه‌ ئه‌زانن كه‌ من چه‌ن ساڵ له‌ ژیانی خۆما - پێش هاتنی ئه‌م قورئانه‌ - له‌ ناو ئێوه‌دا مامه‌وه‌و قورئانم نه‌خوێنده‌وه‌ به‌سه‌ر ئێوه‌دا ؛ چونكی خۆم دارای ئه‌و وه‌حیه‌ نه‌بووم ، ئایا ئێوه‌ بیر له‌م مه‌علوماته‌ ناكه‌نه‌وه‌ ؟

★ (فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرى عَلى اللهِ كَذِباً اَوْ كَذَّبَ بِآياتِهِ ؟ إنَّهُ لا يُفْلِحُ المُجْرِمونَ) (١٧) ★

ئەوە کێیە ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە درۆ هەڵبەستێ لەسەر خودا ، واتە بە درۆ بڵێ : خودا وای فەرموە • یا باوەڕ نەکا بە ئایەتی خودا وە بەرابەر بەوانە عەناد دەربڕێ ؟ طەبعەن کەس لەوانە ستەمگارتر نیە ؛ چونکی ئەو کەسانە کافرنو لە زووری کافرەوە کەس نیە • وە ئەوانە بە راستی تاوانبارنو تاوانبارەکان رزگار نابن بە تاییەتی ئەوانە کە عەقڵ بەکار نایەننو تەنانەت عەناد لەگەڵ حەواسا ئەکەن ؛ چونکی ئەو کافرانە ئەیانزانی کە محەمەد ـدـ لە عومری چل ساڵەدا ئیعلانی ریسالەتی خۆی کرد ، وە لە پێش ئەو ماوەدا بە قەتعی مەدرەسەو خوێندنگای نەدیوە لە مەکەداو نەڕۆیشتوەتە دەرەوە بۆ خوێندنو شیعری دانەناوەو پەیوەندی لەگەڵ خاوەن زانستەکانا نەبوە ، وە پایەی ئەهلی مەکە دیارەو لەو خوطبەو شیعرە مەشهوورانە زیاتر نەبوە • جا لە کوتوپڕا یەکێکی مەشهوور بە ئەمانەتو راستی بێت داوای پێغەمەرایەتی بکاو لەسەر پێویست کەلامێکی وەها بەرزی بە مەعنای بێتەسەر کە عاقڵان بێنێتە لەرزەوە دیارە ئەوە لە لایەنی خوداوەیەو پێویستە هۆشیاران تابیع بن بەو کەسە •

★ (ويَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ما لاَ يَضُرُّهُمْ ولا يَنْفَعُهُمْ ويَقولونَ : هؤلاءِ شُفَعاؤنا عِنْدَ اللهِ) ★

وە لەگەڵ وجوودی ئەم دەعوەتە راستەو ئەم کەلامە راستەدا کە ئێتە خوارەوە بۆ سەریان لەو حەقیقەتە لا ئەدەن وە عیبادەت ئەکەن لە غەیری خودای تەعالا بۆ دارو بەردێ کە بە قەتعی ناتوانن زیانیان پێ بگەیەننو ناتوانن سوودیان پێ بگەیەنن ؛ چونکی ئەو شتانە دارو بەردێکی

بە دەست دانراوو دامەزراونو ، بە خواستی خۆیان ئەتوانن بیانشکێننو بیانسووتێننو ، بە مەجزی هەوا ئەم کافرانە ئەڵێن : ئەو بتانە تکاکاری ئێمەن لە لای خودای عالەما •

★ (قُلْ : أَتُنَبِّئُونَ اللهَ بِمَا لا يَعْلَمُ فِي السَّمواتِ ولا فِي الأَرْضِ ؟ سُبْحانَهُ وتَعالى عَمَّا يُشْرِكونَ !) (١٨) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خودا بفەرموو بەو کافرانە : ئایا ئێوە قسەیێ ئەکەن بۆ خودای تەعالاو ئیخباری خودا ئەکەن بە شتێ کە علمی ئەو تەعەلوقی نەبەستوە پێیەوە لە ئاسمانو زەویدا ؟ واتە راست نیەو واقیعی نیە . خودا دوورەو پاکە لە قەبوولکردنی شەریكو هاورێو تکاکار لە لای ئەواو پاکە لەم باسە کە ئەمانە دەری ئەبڕنو باوەڕی پێ ئەکەن •

★ (وما كانَ النّاسُ إلاّ اُمَّةً واحِدَةً فاخْتَلَفوا ولوْلا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيما فِيهِ يَخْتَلِفونَ) (١٩) ★

واتە : ئەم ئادەمیزادە هەمووی هیچ نەبو ئیللا یەك ئوممەتو یەك چین بوە لەسەر فیطرەتو غەریزەی پاکی ئینسانی هەمووی هاودڵ بوون لەسەر باوەڕ بە خودای تاقوتەنیا ، وە لە پاش ئەوە کە زەمانێ رابورد بەسەریاناو هەواو هەوەسو ئارەزووبازی پەیدا بو لە ناو خۆیانا تێكچوونو بازێکیان لەسەر بیرو باوەڕی راست مانەوەو بازێکیان لەوە لایان دا . وە ئەمانە بازێکیان باوەڕیان بە هیچ نەما ، واتە بوون بە (معطلة)و ، بازێکیان شەریکیان بۆ خودا دانا (مع انه) هیچ مەوجوودێ رایەی بە هاوڕێی ئەو ناکەوێ وە ئەگەر وتارێ لە لایەنی

خوداوە رانەبوردبوایە بۆ دواخستنی سزاو تۆلە لەم گەلە فاسیدە حوکم ئـەدرا بەسەریانا بە مەحوکردنەوەیان لەسەر عەرزا ، وە ئەمجار حوکم ئەدرا بەسەریانا لە جەزای ئەو شتەدا کە ئەوان ئیختیلافیان هەیە تیایا •

★ (وَيَقُولُونَ : لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ ؟ فَقُلْ : إِنَّمَا الغَيْبُ لِلّٰهِ ، فَانْتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُنْتَظِرِينَ) (٢٠) ★

ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەوە بۆچی نازڵ نەکرا بۆ سەر محەمەد ئایەتێ لەوانە کە ئێمە داوامان کرد ، وەکو خەزێنەیێ لە جەواهیرات یا غەیری ئەوە ؟ جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست سیرِی ناردنی بازێ ئایاتو نەناردنی بازێ لەو شتانەیە کە غەیبن‌و پەنهانن لە ئێمەو ئەم غەیبە خودا ئەیزانێ‌و بـەس •

هەڵئەگرێ سیرِی ئەوە بێ : مادام هەر شتێ ئەوان داوای ئەکەن ئێمە قەبوولی بکەین ئەوە باوەڕکردنەکەی ئەوان قیمەتی نەمێنێ‌و ریسالەت وەکـو شتێـکی مادی‌و مەلمووسی لێ بێ • وە یا هەڵئەگرێ ئەگەر ئـەم دەرگا بکرێتەوە ئەوەندە داوا زۆر ئەبێ لە لایەنی خەڵکەوە شەوو رۆژ بەشی ئەوە ناکا • وە یا ئەوە بێ ئەگەر داوای هەرچی بکرێ خودا بیدا بـەو رەسوولەو ئەوان تەماشای بکەن ئـەوان بکەونە فیتنەی پێغـەمەر پەرستنەوەو لە خودا لادەن • وە یا ئەوە بێ کە خودا وەختی خۆی بڕیاری داوە کە بازێ کەس بۆ بەهەشتو بازێ بۆ دۆزەخ بن ، وە ئەگەر ئـەم دڵخوزانە هەموو بێنـە جێ هەموو ئیمـان بێنن وە ئەمەیش موخالەفەی بڕیاری خودایە • وە ئیحتیمالی هەیە ئەگەر ئەو دڵخوازانەی ئەوان بێتە جێ‌و دڵخوازی کەسی تر نەیەتە جێ فیتنە پەیدا ببێ لە ناو خەڵکدا •

جا ئێوه چاوه‌ڕێ بکه‌ن بزانین له جوابی ئه‌م داواکراوانه‌دا چیمان بۆ دێت ؟ ئایا ره‌حمه‌ته وه یاخود موصیبه‌ت‌و زه‌حمه‌ت !

★ (وإذا اذقنا النّاس رحمةً مِنْ بعدِ ضرّاءَ مسّتهُمْ إذا لهُمْ مكرٌ في آياتنا) : ★

کاتێ که ئێمه بچه‌ژێنین به ئینسانێ نیعمه‌ت‌و له‌زه‌تێ له لایه‌نی خۆمانه‌وه له پاش گه‌لێ موصیبه‌ت‌و ، نه‌خۆشی‌و ، نه‌بوونی‌و ، کزی‌و ، داماویدا ؛ ئه‌وه له باتی ئه‌وه که زۆر سوپاسی خودا بکه‌ن له‌سه‌ر ئه‌و نیعمه‌تانه که‌چی خه‌ریکی فڕوفێڵ‌و پشت‌هه‌ڵکردن ئه‌بن له ئایاتی ئێمه‌و خاوه‌ن ئایه‌ته‌کان • واته به‌رابه‌ر به پێغه‌مه‌رو به‌رابه‌ر به‌و نیعمه‌تانه بێ‌شه‌رمی‌و بێ‌ئه‌ده‌بی ئه‌که‌ن‌و ئه‌یانه‌وێ ئایه‌ته‌کانی ئێمه ره‌دبکه‌نه‌وه •

★ (قُل : اللهُ اسرعُ مكراً ، إنّ رُسُلنا يكتُبونَ ما تمكُرونَ) (٢١) ★

تۆ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست بڵێ به‌وانه : که خودای ته‌عالا گه‌لێ ئاماده‌تره له ئێوه بۆ زیان‌پێگه‌یاندنتان ، وه به راستی فریشته مه‌ئمووره‌کانی ئێمه که وان به‌لاتانه‌وه ئه‌نووسن ئه‌وه‌ی ئێوه ئه‌یکه‌ن له مه‌کرو فڕوفێڵ بۆ موعاره‌ضه‌و موقابه‌له‌ی پێغه‌مه‌ری من •

★ (هو الّذي يُسيّرُكُمْ في البرّ والبحْرِ) : ★

خودای ته‌عالا هه‌ر ئه‌وه که هێزی داوه به ئێوه‌و ئه‌تان‌خاته هاتوچۆوه له وشکاندا‌و له ده‌ریادا ، خواه هێزی له‌شی خۆتان بێ یاخود هێزی ئه‌و شته بێ که ئێوه ئه‌با به رێگه‌دا •

★ (حتَّى إِذا كُنْتُمْ فِي الفُلْكِ وجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وفَرِحُوا بِها جاءَتْها رِيحٌ عاصِفٌ وجاءَهُمُ المَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكانٍ وظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ : لَئِنْ أَنْجَيْتَنا مِنْ هذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ) (٢٢) ★

تا كاتێ كە لەناو كەشتیەكەدا بوون ، یا كاتێ هاتنە ناو كەشتیەوەو ئەو كەشتیە رای‌بواردن بەسەر رووی دەریاكەدا بە نەرمی‌و ئارامی بە هێزی بایەكی خۆش‌وەز وە شادمان بوون بەو بایە لەبەر ئارامی‌و یارمەتی تەكانی كەشتیەكەیان ، كوتوپڕ هات دای لەو كەشتیە بایەكی موخالیفی ناهەموار (كەشتی‌كۆ)و لەش‌كوت وە بە هۆی ئەو با بەهێزەوە شەپۆلی ئاویان بۆ هات لە هەموو شوێنێكەوەو گومانیان برد بە مەینەت دەورە دراون‌و رزگاربوونیان نایابە •• لەو كاتەدا دەستیان كرد بە سكاڵاو لاڵەو پاڵە لە بارەگای بەرزی خودادا بە نیازمەندی‌و راساڵیەوەو عەرزی بارەگایان كرد : ئەگەر ئەم جارە رزگارت كردین لەم مەرگ‌و مەینەتە ئیتر بە گیان‌و دڵ‌و زمان سوپاس‌گوزاری ئەكەین •

★ (فَلَمَّا أَنْجاهُمْ إِذا هُمْ يَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ) ★

كەچی كاتێ خودا بە میهرەبانی خۆی رزگاری كردن لەو شەپۆلی مەینەتەو دەرچوون لە دەریا لە باتی ئەوە ئاگادار ببنەوە بۆ وەفا بە وادەو بۆ عیبادەت‌و سوپاس‌گوزاری خوداوەند دەستیان كرد بە ستەمكاری لە عەرزا بە ناحەق‌و ناڕەوایی •

★ (يا أَيُّها النَّاسُ إنَّما بَغْيُكُمْ على أَنْفُسِكُمْ مَتَاعَ الحَيَاةِ الدُّنْيا ثُمَّ إلَيْنا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) (٢٣) ★

که‌چی کاتێ خودا به‌ میهره‌بانی خۆی رزگاری کردن له‌و شه‌پۆلی مه‌ینه‌ته‌ وه‌ ده‌رچوون له‌ ده‌ریا له‌ باتی ئه‌وه‌ ئاگادار بینه‌وه‌ بۆ وه‌فا به‌ واده‌و بۆ عیباده‌ت‌و سوپاس‌گوزاری خوداوه‌ند ده‌ستیان کرد به‌ سته‌مکاری له‌ عه‌رزا به‌ ناحه‌ق‌و نارِه‌وایی •

جا ئاوازی زه‌جر له‌ لایه‌نی خوداوه‌ له‌سه‌ر زوبانی هاتیفی په‌نامه‌کی‌و له‌ لایه‌نی پێغه‌مه‌رانی ئاشکراوه‌ هات بۆ ئه‌و سته‌مکارانه‌و گه‌یاندی : ئه‌ی ئاده‌میزاده‌کان ئه‌م سته‌مکاری‌و ناهه‌مواریتانه‌ له‌سه‌ر داماوان سته‌مکاریه‌ له‌سه‌ر نه‌فسی خۆتان له‌به‌ر داوای ئاره‌زووی له‌زه‌تی ژینی دنیایی ، وه‌ بزانن هه‌رچه‌ن ئه‌م شه‌هوه‌ترانی‌و ئاره‌زووبازیتانه‌ مه‌یدانی ببێ به‌ڵام ئه‌بڕێته‌وه‌و ئه‌مرن‌و له‌ گۆڕا به‌ داماوی دائه‌مێنن ، جا زیندووئه‌کرێنه‌وه‌ به‌ زینده‌گی راستی عاده‌تی وه‌ ئه‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ لای خۆمان ، جا خه‌به‌ردارتان ئه‌که‌ین له‌سه‌ر جه‌زای ئه‌وه‌یش که‌ کردتان‌و له‌سه‌ر تۆڵه‌ی ئه‌و لادانه‌تان له‌ڕێگه‌ی عه‌داله‌ت‌و شاڕێگه‌ی راست •

★ (إنَّما مَثَلُ الحَيَاةِ الدُّنْيا كَماءٍ أَنْزَلْناهُ مِنَ السَّماءِ فاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ والأَنْعامُ حتَّى إذا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَها وازَّيَّنَتْ ، وظَنَّ أَهْلُها أَنَّهُمْ قادِرونَ عَلَيْها ، أَتاها أَمْرُنَا لَيْلاً أَوْ نهاراً ، فجَعَلْناها حَصِيداً كَأَنْ لَمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ ، كَذلِكَ نُفَصِّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرونَ) (٢٤) ★

جا خودای تەعالا بە شێوەیەکی گشتیو بە یاسای تەشبیهی تەمثیلی دیاری بە دیاری ئەفەرموێت : وێنەی ئەم ژیانی دنیایەو ئەو شێوە کـە دەرئـەچێ لـە جوانیو گەنجیو دەسـتەلاتو داراییو پێکهاتنی هـۆی رابواردنو شـادمانی کردن لـە هەموو بابەتێکەوە : لـە نەفسەوە ، لـە داراییەوە ، لە رووناکی رۆژو تاریکی شەوانا ، لەگەڵ بێباکیو بێنیازیدا بە کەس ، نەترسان لەکەس ، پەیدابوونی بانگی بێداری بە ئازاری لەشو ، کـەمی بەشو ، هێرشی دوژمنی دڵڕەشو ، نەهێشتنی شوێنەواری ئـەو پایەومایەو ، بارەگاو قەرەباڵغەو ، سەرنەنانەوە بـە لای بـەردی ساردی گۆڕی تەنگی وێنەیشەوەزەنگا ... وێنەی ئەو شێوەتانێ کە پەیدا ئەبێ لە ئاوی ئارامی بارانی بەهاران کـە دای ئەپەڕێنینە خوارەوە لە ئاسمانی بەرزی بەخشندەیی خۆمانەوە جـا بـە هۆی ئـەو ئاوەوە گیای رەنگامە ئەڕوێن لە عەرزو تێکەڵ دەبن لە سەوزو سوورو زەردو شینو ئاڵ لـە هەموو جۆرێ لەو جۆرانە کە ئادەمیو گیانلەبەرانی تر ئەیخۆنو سوودی لێ وەرئەگرن هەتا کاتێ کە عەرز بە هۆی ئەم رێژەنەوە بە پیتو پیرۆزیەوە بەشی خـۆی وەرئـەگرێ لـە ئارایشو زینـەتو زێبـایی وە بازێ دار هەڵئەچێو ، بازێ گوڵ دائەچێو ، میوە دێتەبەرو ، دانە ئەکەونەدەرو ، هەموو کشتوکاڵ نزیکی ئەوە ئەبنەوە بهێنرێنەوە بۆ ماڵ ، وە خاوەنەکانیان دێنە سەر ئەو بیرو باوەڕە کە کاتی حاصلاتەو هەموو شتێ گەیشتوەتە کاتی سوود لێوەرگرتن وە ئەوان تەواناییان هەیە بەسەر سوودگرتن لەوانا بە هەموو بارێ لە لادێو لە شارێ .. کوتوپڕ فەرمانی قاری ئێمە رووی کردە ئەو باخو بێستانەو ئەو کشتوکاڵە بێسامانە کە وا لە بەردەستاناو لێیان دا بە ئاگری قار یا بە شەڵتەی وەیشوومەی نابار ، وە یا بە شەرای شوومی ناهەموار ، وە ئەو گیاو کشتوکاڵە حەڵاڵەمان دا بە عەرزا وە لە

کەڵکی خواردنو سوودلێوەرگرتن کەوت (کأنە) ئەمە لە دوێنێدا هەر نەبوەو نەبینراوە وە یەکێ شارەزای شوێنەکە نەبێ نازانێ ئەو شوێنە شوێنی کشتوکاڵ بوە • ئاوا ئێمە بەیانی نیشانەی دەستەڵاتی خۆمان ئەکەین بۆ کۆمەڵێ کە بیر بکەنەوە لە بەیاناتی خودادا •



بازێ وا ئەڵێن ئەم شێوە جوانە
خوا بەیانی کرد بەم ئایەتانە
عەینەن نیشانەی چەرخی جیهانە
یانی نیشانەی ئاخر زەمانە
واتە ئەم دنیا گۆڕرا سەراسەر
بوو بە هێلکەی پاك بێ لەکەو کەدەر
کەژو کۆساران گشت بوون بە جادە
هەموو بۆ سەیرو سەیران ئامادە
سەیارەی ئارام بە دەشتو دەردا
خوارو ژوور ئەکا بە رێ گوزەردا
دنیا سەراسەر لەبەر کارەبا
بوە بە چراخان بە بێ (اشتباە)
رادوێو تەلفزیۆن بۆ سەیرو سەیران
وێنەی سینەما وا لە ناو ماڵان
یانی ئارەزووی نەفسی ئەممارە
هەموو ئامادەن لەم سەرو خوارە

دەی ئەونەت زانی بورکانێ قەوی
رووی کردە کورەی سەماو سەرزەوی
وا دای بە یەکا شوێنی نەمێنێ
مەگەر خوداوەند عەرزێ تر بێنێ
جا هەرچۆن بێ ئەم رووی دنیایە
ئەنجامی لەسەر مەحوو فەنایە
بۆ ئەوە ئەشێ بە کردەوەی چاك
بە ئیخلاصی دڵ بۆ خودای بێ باك
خۆت حازر بکەی بو (دار البقا)
واتە رەوضەی فەوز بە نووری لیقا
ئەم پایە پایەی ئەهلی صەفایە
بۆ تۆ ئەمێنێ هەتا هەتایە
ئەوەی (نامی)یە لە ماوەی ژینا
ژینی وا لەگەڵ (روح الامین)ا

★ ★ ★

★ (وَاللَّهُ يَدْعُو الى دارِ السَّلامِ وَيَهْدِي مَنْ يَشاءُ إِلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٢٥) ★

وە زاتی باری تەعالا عیبادی خۆی ، لە جینو ئیس ، بانگ ئەکا بۆ رابواردن لە خانوویەکدا کە ناسراوە بە (دار السلام) ماوای هێمنیو

رەزاو میهرەبانی ، وە هەر کەسێك خواستی لەسەر بێ شارەزای ئەکا بۆ ڕۆیشتن بە ڕێگەی راستا کە ڕێگەی یاسای بێهاوتای ئایینی ئیسلامە •

★ (لِلَّذِينَ اَحْسَنوا الحُسْنى وزِيادَةٌ) ★

وە هەیە بۆ ئەو کەسانە کە بە بیرو باوەڕی ئیسلام دڵی خۆیان رازاندوەتەوەو بە کردەوەی باشو موافیقی حەق جیهانیان جوان کردوەو بە خوو رەوشتی بەرز سەر زەوییان خۆش کردوە •• هەیە بۆ ئەمانە جەزای باش لە بەهەشتی نەبڕاوەداو لەگەڵ ئەوەدا زیادە بارەو پایەیەکیشیان هەیە کە لە هەموو بەشێ فەزڵی زیاترە کە بریتیە لە شادبوون بە لیقای زاتی خودای تەعـالا ، وەکو چۆن یەکێ لـە ئێوە مانگی چواردە ئەبینێ کاتی دەرکەوتن •

★ (ولا يَرْهَقُ وجوهَهُم قَتَرٌ ولا ذِلَّةٌ) ★

وە رووی ئەوان داگیر ناکا تۆزی بێحورمەتیو زیللەتی داماوی ، بەڵکو بـە پێچەوانەوە بـە ئەنواعی شادمانی حەشر ئەکرێنو ئەگەن بـە حوزووری زاتی حەق •

★ (اولئِكَ اَصْحابُ الجَنَّةِ هُمْ فِيها خالِدونَ) (٢٦) ★

ئەمانە کـە باسمان کـردن خاوەنی بەهەشتی رەحمەتی خودان بـە فەزڵو بە ئیحسان وە ئەوان لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە •

★ (والَّذِينَ كَسَبُوا السَّيِّئاتِ جَزاءُ سَيِّئَةٍ بِمِثْلِها) ★

وە هەیە بۆ ئەوانەیش کە کەسبی بیرو باوەڕی ناپەسەندو کردەوەی ناشیرینو خوو رەوشتی زوشتیان کردوە تۆڵەی ئەو دەسکەوتە ناهەموارانە بە قەی وەزنی تاوانەکانیان •

★ (وتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ) : ★

وە لە کاتی زیندووبوونەوەدا بۆ حەشر داماوی‌و رسوایی داگیریان ئەکات •

★ (ما لَهُمْ مِنَ اللهِ مِنْ عاصِمٍ) ★

وە لە لایەنی خوداوە هیچ پەناهیان نیە •

★ (كاَنَّما اُغْشِيَتْ وجُوهُهُمْ قِطَعاً مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِماً) ★

(کأنە) روویان بە چەن پەردەیەکی رەش‌و تاریکی شەو داگیرکراوەو داپۆشراوە •

★ (اولئكَ اَصْحابُ النَّارِ هُمْ فِيها خالِدونَ) (٢٧) ★

ئەمانە ئەهلی ئاگرن‌و تیایا ئەبن هەتا هەتایە •

★ (ويَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەو رۆژە بکە کە ئەم کافرانەی تێدا گردئەکەینەوە لەگەڵ بتەکانیانا هەموویان •

★ (ثُمَّ نَقولُ لِلَّذِينَ اَشْرَكُوا : مَكانَكُمْ اَنْتُمْ وشُرَكاؤُكُمْ !) ★

جا ئەڵێین بەو کافرانە کە هاوڕێیان بۆ خودای بێوێنە بڕیارداوە : ئێوەو ئەوانەی کە کردووتانن بە شەریك بۆ خودا لە شوێنی خۆتانا مەجووڵێن •

★ (فَزَيَّلْنا بَيْنَهُمْ) : ★

وە لەو کاتەدا کە راستیمان دەرخست بۆیان ئەو پەیوەندە کە لە دنیادا لە ناوبەینیانا بوو بڕیمانو ئەو مەحەببەتە لە ناویانا نەماو هەردوو لایان بوون بە دوژمنی یەکتر •

★ (وقالَ شُرَكاؤُهُمْ : ما كُنْتُمْ إيّانا تَعْبُدونَ !) (٢٨) ★

وە ئەو بتانە کە لە دنیادا ئەیانپەرستنو کردبوونیان بە شەریك بۆ خودا ـ خودا ئەیان هێنێتە وتارو ئەڵێن بە کافرەکان : قەت ئێوە لە دنیادا عیبادەتی ئێمەتان نەکردوە بەڵکو هەمووتان بە دەوری نازو نیازی خۆتانو هەواو هەوەسی نەفسی خۆتاندا ئەگەڕانو عیبادەتی ئێمەتان کردبوو بە بەهانە بۆ گەیشتن بە دڵخوازی خۆتان !

★ (فَكَفى بِاللهِ شَهيداً بَيْنَنا وبَيْنَكُمْ) ★

بەسە خودای زاناو ئاگادار بۆ شەهادەت لەسەر واقیعو حەقیقەت لە بەینی ئێمەو ئێوەدا •

★ (إنْ كُنّا عَنْ عِبادَتِكُمْ لَغافِلينَ) (٢٩) ★

بە راستی ئێمە لە عیبادەتکردنی ئێوە بێئاگا بووین ، وە لە واقیعا ئەم بتانە بەردی تاشراو بوون ، بەرد بەردە ، بێزانستو شوعوورە ، وە هەر کەس هەرچی بە بەردا بخوێنێ بە هەوادا ئەیخوێنێ •

★ (هُنالِكَ تَبْلُو كُلُّ نَفْسٍ ما اَسْلَفَتْ) ★

جا لەو رۆژە رەشەدا هەرکەسێ تێ ئەگا لە جەزای ئەو کردەوانە کە رایبواردوە لە کاتی دنیادا •

★ (وردّوا إلى الله مولاهم الحق وضل عنهم ما كانوا يفترون) (٣٠) ★

وە لەو رۆژەدا حەواڵە ئەکرێنەوە بۆ لای خودا کە سەردارو گەورەی راستی ئەوانەو لەو رۆژەدا ونئەبێو زایە ئەبێ لە دەستی ئەوان ئـەو شەریکانە کە وەختی خۆی بە درۆ هەڵیان ئەبەستن‌و دایان‌ئەنان بە شەریك‌و هاوڕێی خودای تەعالا .

★ (قل : من يرزقكم من السماء والأرض ؟ أمن يملك السمع والأبصار ؟ ومن يخرج الحي من الميت ويخرج الميت من الحي ومن يدبر الأمر ؟؟ فسيقولون : الله ، فقل : أفلا تتقون !؟) (٣١) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ ئەو کافرانە بدوێنەو پێیان بڵێ : ئەی مەخلووقەکان ئێوە هەموو پێویستتان بە رۆزی هەیـە ژیواری پێ بکەن . جا ئەوە کێیە لە ئاسمانەوە باران ئەبارێنێ‌و با لە رووی سەرعەرزا هەڵئەکاو هەتاو ئەڕژێنێ بەسەر هەموو گیاو لەوەڕێکی لازم بۆ ئێوەو بۆ گیانلەبەراندا ؟ یاخود ئێوە بە هۆی چاوەکانتانەوە بەرزو نزم‌و سوودداروبێ سوودو دۆست‌و دوژمن فەرق ئەکەن‌و بـــە هۆی گوێچکەکانتانەوە دەرزی تەمێ‌و تەریبـە وەرئەگرن‌و دەنگی دۆست‌و دوژمن ئەبیسن وە ئەڕۆن بۆ لای دۆست‌و لە دوژمن هەڵدێن ... دەی بڵێن کێیە ئـــەو چاوو گوێچکەیە داوە بە ئێوە ؟ وە نەژادی ئێـوە سوودی لێ‌وەرئەگرن وەکو بزن‌و مەڕو وشترو گاو ئەسپ‌و ماین‌و ئـــەو حەیوانانە گۆشتیان ئەخورێ‌و راویان ئەکەن ، وە یا ئەو حەیوانانە کە ئێوە باریان پێ ئەکێشن‌و

سواریان ئه‌بن وه‌کو که‌رو هێسرو فیل ... ئه‌مانه هه‌موو که زیندووئه‌بن‌و به کاری ئێوه دێن هه‌موو له ئاوێکی ره‌وانی بێ‌گیان په‌یدا ئه‌بن ، بـه مانای ئه‌وه زیندوو له مردوو په‌یدا ئه‌بێ‌و ؛ هه‌روا یه‌که یه‌که له‌مانه‌یشه‌وه نه‌ته‌وه‌ی ئاوی ده‌رئه‌چێ به مانا مردو له زیندو په‌یدا ئه‌بێ - پێم بڵێن : کێیه ئه‌م کارانه له جیهاندا ئه‌کا ؟ وه ئه‌م رشته‌ی ژین‌و ژیواره ئه‌با بـه رێوه ؟ وه پاش ئه‌مه هـه‌موو ئه‌مانـه باسسان کردن ئیداره‌یان ئه‌وێ‌و پارازتن‌و ژیواریان ئه‌وێ‌و جێگه‌ی ئه‌مانـه که ئاسمان‌و زه‌وییه ، بـه وشکان‌و ده‌ریایه‌وه ، هه‌موو ته‌دبیرو چاودێری ئه‌وێ .. ئه‌مه هه‌مووی کێ ئه‌یکا ؟ وه ئه‌گه‌ر تۆ یه‌کێ یا چه‌ن که‌سێکی هۆشیاریان بانگ بکه‌ی‌و پرسیاری خاوه‌نی ئه‌م ته‌سه‌رروفاتانه‌یان لێ بکه‌ن وه‌ڵامیان هه‌ر ئه‌مه‌یه که به دڵ ئه‌رۆنه ژێرو ئه‌ڵێن : صاحێبی ئه‌مانه‌و (مدبر)ی هه‌موویان خودایه‌و ته‌سه‌رروفات بـه ده‌ستی ئه‌وه ، ده پێیان بڵێ : هێشتا لـه خودا ناترسن‌و دان‌نانێن به‌وه‌دا که خودا شه‌ریکی نیه‌و صاحێبی جیهان هه‌ر ئه‌و یه‌زدانه تاکه بێ باکه‌یه ؟

★ (فَذٰلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمُ الحَقُّ) ★

ده‌ی بزانن ئـــه‌و خاوه‌ن هێزو ته‌وانایه (الله)یه که خـــودای په‌روه‌ردگارتانه به رووی راستی‌و حه‌قیقه‌ت .

★ (فماذَا بَعْدَ الْحَقِّ إلاَّ الضَّلالُ ؟) ★

جا له غه‌یری حه‌ق چی هه‌یه غه‌یری گومراهی‌و غـه‌یری په‌رستیاری هه‌واو هه‌وه‌سێکی بێ ئه‌صڵ‌و بێ ئه‌ساس که که‌وتنه شوێنیان هه‌ر هۆی گومراهیه .

★ (فَاَنّى تُصْرَفُونَ ؟) (٣٢) ★

دەی چۆن ئێوە کە هۆشیارن لە حەق لائەدرێن بۆ لای بەتاڵو لەسەر حەق دانامەزرێن ؟

★ (كذلِكَ حَقَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ عَلى الّذِينَ فَسَقُوا اَنَّهُمْ لا يُؤْمِنُونَ) (٣٣) ★

دەی هەر وەکو ثابتە رۆزیدەر لە عەرزو ئاسمانا هـــەر خودایەو هێزدەر بە چاوو گوێچکە هەر خودایە ، وە لە مردوو زیندوودروستکەرو لە زیندوو مردوودروستکەر هەر خودایە •• وەهایش فەرمانی خـــوداو ئیرادەو خواستی خودا لەسەر یاسای عیلمو زانستی ، وە زانستی لەسەر کەشفی تەسەڕوفاتی فاسیدەی ئادەمیزادو باقی موکەلەفانی کائینات وە لەسەر تەوجیهی عەزمیان بۆ رێگەی لابار ثابت بوە لەسەر ئەو کافرە لـە حەقدەرچوانە کە بە قەراری قەطعی ئیتر ئیمان نایەنن ، ئیتر خۆت لەگەڵ ئەوانا ماندوو مەکەو خۆت زویر مەکە •

★ (قُلْ : هَلْ مِنْ شُرَكائِكُمْ مَنْ يَبْدَؤُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ؟ قُلِ : اللهُ يَبْدَؤُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ فَاَنّى تُؤْفَكُونَ ؟) (٣٤) ★

پاش ئەوە خودای تەعالا دەلیلی هێنایەوە لەسەر وجوودی خۆی بەوە کە رۆزیدەرە لە ئاسمانو عەرزەوەو هێزی دیتنو بیستن ئەداو لە مردوو زیندوو لە زیندوو مردوو دەر ئەکا ، ئەمجاری دووهەمە ئیستیدلال ئەکا لەسەر وجوودی خۆی بەوە ئەفەرموێ بە خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ : ئایا لەوانەی کە ئێوە دایان ئەنێن بە شەریكو هاوڕێ بۆ خودا کەسێ وەها هەیە دەست بکا بە ئیجادو دروستکردنی مەخلووقات لە نەبوونەوەو بـە هێزی خۆی لە کائیناتا شت دروست بکاو لە پاش تەواوکردنی مـاوەی

دانراو بیانفەوتێنیو لە پاشا وەکو ئەوەڵ جار دروستیان بکاتەوە ؟ طەبعەن ئەڵێن : کەسی وا نیە غەیری زاتی باری تەعالا • دەی ئیتر چۆن لا ئەدرێن لە راستەڕێگە ؟

★ (قُلْ : هَلْ مَنْ شُرَكَائِكُمْ مَنْ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ ؟ قُلِ : اللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ) ★

جا خودای تەعالا بۆ جاری سێهەم ئیستیدلال ئەکا لەسەر وجوودی خۆیو گەورەییو تەوانایی رەسای بەمە کە وەکو مەخلووقاتو ئادەمیزاد دروست ئەکا هەموو نەوعێ لە گیانلەبەرانیش هیدایەت ئەداو شارەزایان ئەکا بۆ رێگەی پیرۆزیو سەعادەت . واتە مەوجووداتی خاوەن شوعوور دوو ناحیەیان هەیە ؛ ناحیـــەی لەشو تێکەڵکردنو دامەزراندنی ریزی ئیسقانو رەگو گۆشتو شوێنی هاتو چۆی خوێن کە ئەمانە هەموو خودای تەعالا بەجێی هاوردوون بە نەوعێ ژیرەکان لە دنیادا حەیران ماون لەو دەستکارە . وە ناحیـــەی رۆحو گیـــان کە هێزی خاوەن دەرکو شوعوورەو سولطانی تەختی وجوودە وە ئەم رۆحە بەم مەرجە ئەگا بـە پیرۆزی کە مونەووەر ببێ بە نووری مەعریفەت وە خودا شارەزای بکا بۆ عیلم بە زاتو صیفاتو واجیباتو موحەڕەماتو ئەخلاقو رەوشت وە لە قورئانا لە گەلێ شوێندا باسی ئەمە کراوە وەکو لە باسی ئیبراهیمی خەلیلدا ئەفەرموێت : (الذي خلقني فهو يهدين) ، وە لە باسی موسادا ئەفەرموێت : (ربنا الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى) ؛ وە ئەمر ئەکا بـە حەزرەتی محەمەد (د)و ئەفەرموێت : (سبح اسم ربك الاعلى الذي خلــق فسوى ؛ والذي قدر فهدى) •

بە کورتی وەکو ئیجادو خـەلق‌و دروستکردنی مادەی لەش دەلیلە لەسەر وجوودی خودا هیدایەتدانی ئەرواحیش هەر بـــە خودا ئەکرێ‌و دەلیلە لەسەر وجوودی خودای تاقی تەنیای زانای تەوانا • جا ئەفەرموێت : ئەی خۆشەویست بڵێ بەو موشریکانە : ئایا لە نـاو ئەوانـــەدا ئێـــوە قەرارتان‌داون بۆ خودا بە شەریك‌و هاوڕێ کەسیان هەیـە کە هیدایـەتی ئادەمیزاد بدا بۆ حەق؟ طەبعەن کەسی وا نیەو ئەمەیش لە هەموو ژیرێـك روونە جا هەر خۆت جوابی پرسیارەکەی خۆت بدەرەوەو بڵێ : خودای عالەم هیدایەتی هەموو هۆشیارێ ئەدا بۆ رێگەی حەق وە بۆ عیلم‌و زانستی راست هەروا هیدایەتی گیانلەبەری تر ئەدا بۆ رێگەی ژیان‌و سوودو زیانی خۆی ، وە ئەمە دەلیلێکی گەورەیە لەسەر وجوودی خودای تاق‌و تەنیای تەوانای ئاگادار بەسەر هەموو شتێکدا وە غەیری ئەو کەس نیە ئـــەم تەسەڕوفاتەی لێوە مومکین بێ •

جا پاش دامەزراندنی ئەوە کـە هیدایەتدان هەر لـە لای خوداوەیە ئەفەرموێت :

★ (اَفَمَنْ يَهْدِي لِلْحَقِّ اَحَقُّ اَنْ يُتَّبَعَ اَمَّنْ لا يَهِدِّي إِلاّ اَنْ يُهْدى ؟ فَما لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمونَ ؟!) (٣٥) ★

خودا ئەفەرموێت : پاش ئـەوە کـە زانیتان هـەر خودایە ئەتوانێ هیدایەتی گیانداران بدا •• ئایا کـەسێ کـە هیدایەتی هۆشیاران بدا بۆ رێگەی راست ئەوە شایاوە بەوە پەیڕەوی بکرێ ؟ یا ئەحبارو روهبانی بـە دیمەن زاناو هۆشیار وە لـە حەقیقەتا قابیلیەتی ئەوانەیان نیە رێگەی راست وەربگرن مەگەر بەزۆرو هێزی خودا شارەزا بکرێن ؟

وه یاخود ئه‌م بتانه که ئێوه ئه‌یان‌په‌رستن‌و ئه‌یان‌که‌ن به شه‌ریك بۆ خودای بێ‌شه‌ریك دارو به‌ردێکی وشك‌و بێ‌گیانن وه ئه‌گه‌ر گیانیان بکرێ به‌به‌را هه‌ر موحتاجی خودان‌و شاره‌زا نابن بۆ رێگه‌ی حه‌ق به ئیرشادی خودا نه‌بێ ، جا ئیتر خیلافی عه‌قڵی هۆشیارانه ئینسان ئه‌وه‌نه خۆی نه‌فام بکاو نه‌ڕوانێ بۆ حه‌قیقه‌ت‌و له به‌ر ئاره‌زووی نه‌فسی خۆی بکه‌وێته ئه‌م شته بێ نرخانه ؛ ده‌ی چیتان بۆ ئه‌بێ له‌م یاسا ناشیرینه وه چلۆن بیرو باوه‌ڕ وه‌رئه‌گرن‌و حوکم ئه‌ده‌ن به شتێ که عه‌قڵ وه‌ری نه‌گرێ ؟

جا ئه‌مجار خودا به ئاشکرا به‌یانی ئه‌وه ئه‌کا ئه‌م بتپه‌رستانه یا ئه‌م گاورو جووله‌کانه که که‌وتوونه‌ته شوێن ئه‌م ئه‌حبارو زانا نه‌زانانه وه یا که‌وتوونه‌ته په‌رستنی ئه‌م بته بێ‌گیانانه هه‌ر شوێنی گومان که‌وتوون‌و ئه‌فه‌رموێ :

★ (وما يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إلاَّ ظَنَّاً) ★

وه زورمه‌ی ئه‌مانه په‌یڕه‌وی هیچیان نه‌کردوه ئیللا گومان نه‌بێ ؛ واته ئیعتیقادی غه‌یره جازیم‌و ئه‌مه‌یش بێ‌سووده •

★ (إنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الحَقِّ شَيْئاً) ★

وه گومان موفیدی هیچ شتێ نیه له حه‌ق‌و حه‌قیقه‌ت •

★ (إنَّ اللهَ عَلِيمٌ بِما يَفْعَلونَ) (٣٦) ★

خودا زانایه به‌وه‌ی ئه‌مانه ئه‌یکه‌ن •

★ ★ ★

موقەددیماتێ ئەکرێن بە دەلیل
لە بۆ ئینسانی هۆشیاری جەلیل
هۆنرابنەوە بە رشتەی یەقین
پاك بن لە شوبهەی گومانو تەخمین
ئەو جار بۆت ئەبن بە ئوستادی دین
ئەبن بە مایەی ئەنواری یەقین
ئەنا چۆن ئەبێ ئیشتیباو گومان
بکرێن بە دەلیل بۆ دینو ئیمان
ئیمانو ئەحکام دوو شوعبەی بەرزن
هەرکام مەربووطی یەك تەورو تەرزن
ئیمان لە یەقین بۆت پەیدا ئەبێ
دڵ بەو ئیمانە پڕ سەودا ئەبێ
کە کوژایەوە چرا بە بایێ
ئەکەویتە ناو چای ئیشتیباهێ
ئەحکامی دینیش یانی فەرعییات
باش دائەمەزرێن لە سەر ظەننییات
چونکە هەر فەرعێ یەقینی بۆ ئەو
قەت مومکین نابێ بە صەد تەڵو دەو
عیلم بۆ ئیمان ظەن لە بۆ ئەحکام
ئیعتیبار ئەکرێن بە یاسای ئیسلام

باوەڕ عەقیدەی ئەهلی تەقلیدە
تەقلید بۆ ئەحکام شێوەی سەعیدە
هاتو سەرکەوتی لە پلەی تەقلید
ئەبی بە پیاوی سەربەرزی رەشید



جا پاش ئەوە کە بەو چەن ئایەتە پێشوە خودا ئیستیدلالی کرد لەسەر وجودی زاتی خۆیو سیفاتی (علم)و (قدوة)ی ، لێرەدا بەم ئایەتانەیش ئیستیدلال ئەکا لەسەر ریسالەتو پایەی بڵندی حەزرەتی (محمد المصطفى) ـدـ کە ئەو زاتە خاوەنی موعجیزەی قورئانەو قورئان کەلامی خودایەو هاتوەتە خوار بۆ تەئییدو تەصدیقی پێغەمەری خودا بە هۆی ئەوەوە کە ئەم کەلامە بێ شوبهە کەلامی خودایەو دوورە لە درۆو دەلەسەو بوختانو فەرمووی :

★ (وما كانَ هذا القُرْآنُ انْ يُفْتَرى مِنْ دونِ اللهِ) ★

واتە قەت ئەم قورئانە لەوانە نەبودو لەوانە نیە کە هەڵبەسرێ لە لایەنی غەیری خوداوە خواه کەلامی محەمەد بێ یاخود کەلامی کەسێکی تر بێ غەیری محەمەد ـدـ .

★ (وَلكِنْ تَصْديقَ الَّذي بَيْنَ يَدَيْهِ) ★

بەڵام کەلامێکە قودسیو غەیبیو دارای ئیخبار بە غەیبی رابوردوو غەیبی داهاتوە ، چونکی تەصدیقی ریسالەتی پێغەمەرە پێشوەکانو کتێبەکانیان ئەکاو هەواڵەکانیان بە راستی ئەگێڕێتەوە وەکو چۆن

کارەساتی داهاتوو دەرئەخا لە : بەرزەوەبوونی دینی محەمەدو ، فـەوزی ئوممەتەکەیو بلاوەبوونی دینەکەی لە جیهانا •

★ (وتَفْصيلَ الْكِتابِ) ★

وە هۆی بەیانو رووناککردنەوەی ئەو بیرو باوەڕو ئەحکامانەیە کە لە مەجموعی کتێبە پێشوەکانا هاتوونو نازڵ بوون بۆ سەر پێغەمەرەکان •

★ (لا رَيْبَ فيهِ مِنْ رَبِّ العالَمينَ) (٣٧) ★

وە لەبـەر فەصاحەتی ئەلغازەکانو بەلاغـەتی مەعنـای جوملەکانیو دەربڕینی کارەساتو هەڵکەوتە غەیبەکانو لەبەر دووری لـە موبالەغـەی موخالیف بۆ واقیعو لەبەر جیاوازی ئوسلووبی رشتەی ئەلغازو مەعانیو تەئسیراتی رۆحیە بۆ ئەو کەسانە کە دڵیان خاڵیە لـە عەنادو داگرتنی بۆ یاسـای خـوداپەرستیو دنیـاداریو چـاودێری خزمایـەتیو ئیحتیرامی کۆمەڵایەتی وە تەوجیهکردنی عـالەم بۆ خوو رەوشتی بەرز ••• لەبـەر ئەمانەو غەیری ئەمانە لە فەضائیل ، قورئان بۆ ئـەوە ناشێ کـە ئینسانی هۆشیار شكو گومانی تێبهاوێو بە مەترسیەوە بۆی بڕوانێ ، وە عیلمو باوەڕی قەطعی پەیدا ئەکا بەوە کـە لـە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە هاتوەتە خوارەوە •

★ (اَمْ يَقولونَ : افْتَراهُ ؟) ★

یا خـەیر ئـەو کافرانە هـەر ئەڵێن : محەمەد خۆی ئـەم کتێبـەی هەڵبەستوە •

★ (قُلْ : فَأْتُوا بِسورَةٍ مِثْلِهِ) ★

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەوانە کە وا ئەڵێن : ئەگەر راست ئەکەن بیسمیللا ئێوە لەگەڵ ئەوەدا خۆتان بە خاوەن زمانو فەصاحەتو بەلاغەت ئەزانن تاقە سوورەتێکی وەکو قورئان بێنن لە لایەنی خۆتانەوەو بە جوملەو ئایات قورئان موقایەسە بکەن لە بەینی ئەوەی کە خۆتان ئەیهێننو لەگەڵ ئەو سوورەتەدا کە لە قورئانە •

★ (وادْعوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دونِ اللهِ) ★

وە نەك تەنیا خۆتان بەڵکو هەرکەس کە ئەتوانن بانگی بکەن لە غەیری خودا بڕۆن بانگی بکەن با بێن بۆ موعارەزەی قورئان •

★ (إنْ كُنْتُمْ صادِقينَ) (٣٨) ★

ئەگەر راست ئەکەن لە داوای ئەوەدا کە قورئان دەستهەڵبەستە لە لایەنی محەمەدەوە •

★ (بَلْ كَذَّبُوا بِما لَمْ يُحيطُوا بِعِلْمِهِ)★

نەخەیر ئینکاری ئەوانە بۆ قورئان لەبەر نوقسانی نیە لە قورئانو لەبەر ئەوەیش نیە کە بزانن لە لای غەیری خوداوە هاتوە بەڵکو ئەوانە بێباوەڕی دەرئەبڕن بەرابەر بە ئایاتێ کە ئەوەی لە موحکەماتە ئیحاطەیان نەداوە بە زانستی مەعناکەیا •

★ (ولَمّا يَأْتِهِمْ تَأْويلُهُ) ★

وە ئەوەیش کە لە موتەشابیهاتە هێشتا تەئویلیان نەهاتوە بۆ لایانو نەگەیشتوەتە لایان •

★ (كَذٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ) ★

هەر بەم شێوە ئینكارەو لەسەر ئـەم نەوعە ئیعتیبارە ئەو كافرانەیش كە لـە زەمانی پێش زەمانی ئەمانەدا بوون تەكزیبی كەلامەكانی خودایان كردوە كە نازڵ بوون بۆ سەر پێغەمەرەكانی ، واتە ئەوانە موحكەمات بوون ئیحاطەیان نەداوە بە زانستی ئایەتەكانیا وە ئەوانەیش لە موتەشابیهات بوون تەئویلەكەیان نەزانیوە وە حەقیان وابو هەر بە بیستنی ئەو كەلامانە یا هەر بیستنی ئەم قورئانە بە بێ ماتڵبوون ئیمانیان بهێنایە پێیان •

★ (فانْظُرْ كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ الظّالِمِينَ) (٣٩) ★

جا بیر بكەرەوە یا بڕوانە بزانی ئەنجامی كردەوەو بیرو باوەڕی ئەو ستەمكارانە چۆنو چلۆن ئەبێ !

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يُؤمِنُ بِهِ ، ومِنْهُمْ مَنْ لا يُؤْمِنُ بِهِ) ★

وە ئەم كافرانە كە بە ئاشكرا ئینكاری قورئان ئەكەنو ئەڵێن كەلامی خودا نیە بازێكیان لە دڵدا باوەڕیان هەیەو ئیمانیان هـەیە بـەوە كەلامی خودایـە بەڵام لەبـەر عـەنادو ستەمكاریو بەدبەختی ئینكاری ئەكـەنو بازێكیشیان هـەر باوەڕیان نیـەو لەسەر ئـەو بیرەن كـە ئـەم قورئانـە هەڵبەسراوە •

★ (وربُّكَ اَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ) (٤٠) ★

وە خودای تەعالا زاناترە لەوان بـەو كەسانە كە ئیفساد ئەكەن لـە جیهانا ئایا محەمەد ئیفسادی دڵی ئادەمیزاد ئەكا بە هەڵبەستنی قورئانێ لە لایەنی خۆیەوەو نیسبەتی ئەدا بۆ لای خودا ، یاخود ئەو كافرانە موفسید بوون بۆ دڵی عالەم كە ئەزانن ئەم قورئانە كەلامی خودایەو عەناد ئەكەنو

بێباوەڕی دەرئەبڕن ، وە یاخود موفسیدن بۆ حاڵو ئیستیعدادی خۆیان کە وردنابنەوە لە جیهان هەتا بزانن ئینسانێکی وەکو محەمەد لـە وڵاتی عەرەبسانی بێمەدرەسەو دانیشگاو بێمامۆستادا چۆن ئەتوانێ کەلامێکی وەهـا فەصیحو بەلیغو جامیع بۆ فەوائیدو عیلمو عـەمەلو ئاگادار لـە بەسەرهاتی ئوممەتە پێشوەکانو تەفسیلدەری حیکایەتیانو قسەکردو لـە ئەوزاعی ساڵو مانگو حەفتەو رۆژو تەماشاکردن لە نیظامی ئەستێرەکانی ئاسمانو ئومووری نیزامیو ئیداریو ئیجتیماعیو قانوونی پەیمانداریو یاسای عائیلەو رێکەوتنو جیابوونەوەیان لە یەکتر بکا وە ئەمانە لە خۆیەوە دەربڕێ حاشا ئەم عیلمە هەر بۆ خودایە نەك لە سیفاتی ئەهلی دنیایە •

★ (وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُلْ : لِي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنْتُمْ بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَا بَرِيءٌ مِمَّا تَعْمَلُونَ) (٤١) ★

وە ئەگەر ئـەو کافرانە هـەر دەوامیان کرد لەسەر باوەڕنەکردن بـە خوداو باوەڕنەکردن بە ریسالەتی تۆ لە لایەنی خوداوەو بەوە کە قورئان کەلامی خودایە تۆیش بفەرموو لـە مەقامی یەخەهەڵتەکاندن لەوانا : من کردەوەی خـۆم بۆ خۆمو ئێوەیش کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان ، ئێـوە بێعوهدەن لەوەی من ئەیکەمەوە منیش بێ عوهدەم لەوەی کە ئێوە ئەیکەن ؛ واتە وازیان لێبێنە هەتا ئەگەن بە رۆژی رەشی خۆیان لە دنیاداو بە کاتی نەهاتی لە پاشەڕۆژا کە هەموو حسابێکی تێدا ئەبڕێتەوە •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئایەتی (وما كان هذا القرآن ان يفترى) وارید بوە لە رەدی ئەو کافرانەدا کە گومانیان وابو قورئان کەلامی حەزرەتە ـدـو خۆی دای

ئەنێو نیسبەتی ئەدا لە خودای تەعالاو ، خودای تەعالا چەن دەلیلێ باس ئەکا لەسەر ئەوە کە قورئان کەلامی خودایە :

١ ـ پێغەمەر ـد ـ ئینسانێکی نەخوێندەوار بوەو تێکەڵی خوێندەوارانی نەکردوەو نەڕۆیشتوە بۆ ئەو شارانە کە دەرزی عیلم‌و ئەدەبیان تێدا بڵاوکردوەتەوەو لەگەڵ ئەمەدا قورئان باسی سەرگوزەشتەی قەومە پێشوەکانی‌و پێغەمەرەکانیانی تێدایە بە شێوەیەکی رووناك وە ئەگەر ئەم باسانە راست نەبوایە ئەهلی کیتاب رەدیان ئەکردەوە کەچی کەس نەیتوانی رەدیان بکاتەوە ، دەی وا دەرکەوت ئەم قورئانە کەلامی خودایە کە (عالم الغیب)ە نەك کەلامی محەمەد ؛ چونکە ئەو غەیب نازانێ‌و غەیبی نەزانیوە •

٢ ـ ئەو کتێبە قەدیمانە کە ئەهلی کیتاب ئیعتیرافیان پێ ئەکەن‌و ئیمانیان هەیە پێیان هەموویان شەهادەت ئەدەن بەو بەشاراتە کە لە پێش هاتنی حەزرەتا دراوە بە هاتنی وە ئەو کتێبانە راستن کە وابێ هاتنی پێغەمەرێکی صاحیب کیتاب لە لایەنی خوداوە راستەو گومانی تێدا نیە خۆی پێغەمەرەو کتێبەکەی کەلامی خودایە •

٣ ـ ئەم قورئانە گەلێ ئەخباری تێدایە بە ئومووری پاشەڕۆژ ، وەکو مەسەلەی غەڵەبەی رۆم بەسەر فارسدا ، وە وەکو ئیستیخلافی یارانی پێغەمەر ـد ـ لە وڵاتاو تەواوبوونی دەعوەتی ئیسلام بە رەسایی ••• وە هەموویان هاتنەجێگە ، کە وابێ ئەو قورئانە کەلامی خودایە • ئەمانە هەموو دەرئەکەون لە عیبارەتی (تصديق الذي بين يديه)وە •

٤ ـ ئەمەیە کە ئەم قورئانە لەسەر زمانی ئەم ئینسانە نەخوێندەوارە گەیشتوە بە عالەم وەکو دەریای (محیط) وەها ئیحاطەی داوە بەو

عیلمانەدا کە لە دینا پێویستن ، وە هەر کتێبێ وەهابێ ئیمکانی نیە عادەتەن لە ئادەمیزادیکەوە بێو پێویستە لە خوداوە بێ ، ئەمما ئەوەی کە ئەم قورئانە هەموو عولوومی دینیەی تێدایە . چونکی عیلمی دینی ئەگەر ئیعتیقادە بە خوداو فریشتەو پێغەمەران وە بەو کتێبانە هاتوون بۆ ئەوان وە ئیمان بە رۆژی قیامەتو بە قەزاو قەدەرو ئیمان بە سیفاتی خوداو بە کردەوەی ئەوە ـ ئەوە بە تەفسیل هەیە لە قورئانا • وە ئەگەر عولوومی دینیە عیلمی تەکلیفاتە واتە عیلمی واجباتو موحەڕەماتو غەیری ئەمانەیە ئەوە هەمووی لە ئایاتی قورئان وەرگیراون ، وە ئەگەر عیلمی پاککردنەوەی نەفسە لە سیفاتی ناپەسەندو رازانەوەی بە سیفاتی بەرز ئەوە لە قورئانا بە درێژی باسی ئەمانە هەیە وەکو (ان النفس لامارة بالسوء) ، (قد افلح من زكيها وقد خاب من دسيها) ، (ولا تطع من اغفلنا قلبه عن ذكرنا واتبع هواه) ، وە وەکو (ويل للقاسية قلوبهم من ذكر الله)و وەکو (خذ العفو وامر بالعرف واعرض عن الجاهلين) وە وەکو (ان الله يأمر بالعدل والاحسان وايتاء ذي القربى وينهى عن الفحشاء والمنكر) وە وەکو (واما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى فان الجنة هي المأوى) •

وە ئەگەر عیلمی دین عیبارەت بێ لە عیلم بە ئادابی ژنو پیاو بە یەکەوە وە ئیدارەی عائیلەو ئەولادو چاودێرییانو صیلەی رەحمو تەماشاکردنی سیاسەی شارو ئاوەدانیو ژیواری پیرۆز لەگەڵیانا ••• ئەوە هەموو لە قورئانا هەن •

هەروا ئەگەر عیلمی دین عیبارەت بێ لە عیلمی ئیدارەی ئومەتی ئیسلام بە دانانی ئیمامو راوێژ لە کارانی خاوەن نرخاو ئامادەکردنی چەك بۆ جەنگو موعاهەدەو پەیمانڕاگرتن ئەمەیش بە نەوعێ لە قورئانا بەیان

کراون کە لـە هیچ کتێبێکدا نیە ، کە وابێ ئەم قورئانە تەفسیلی هەموو شتێکی تێدایە بە جۆرێ بە عادەت قابیل نیە کە ئینسانێکی نەخوێندەوار لە ناو ئوممەتێکی نەخوێندەوارا لە ولاتێکی پاناوەری دوورو درێژو دوور لە ئاوەدانی شارەوانیدا لە لایەنی خۆیەوە کتێبی وەها دابنێ ، وا دەرکەوت قورئان کەلامی خودایە •

باسی دووهەم : ئەمەیە کە خودای تەعالا موعاریضەکانی بانگ کردوە بۆ ئەوە کە وێنەی قورئان دابنێن بە هەشت جۆر :

١ ـ داوای موعارەضەی هـەموو قورئانی کردوەو فەرموویـەتی : (قل : لئن اجتمعت الانس والجن علی ان یأتوا بمثل هذا القرآن لا یأتون بمثله ولو کان بعضهم لبعض ظهیرا) •

٢ ـ داوای موعارەضەی دە سوورەتی کردوەو فەرموویەتی : (فأتوا بعشر سور مثله مفتریات) واتـە : دە سـوورەتی هەڵبەسراوی وەکـو قورئان بێنن •

٣ ـ داوای موعارەضەی یـەك سوورەتی کردوەو فەرموویـەتی : (فأتوا بسورة من مثله) واتە یەك سوورەتی وێنەی سوورەتی قورئان بێنن •

٤ ـ داوای موعارەضەی کردوە بە حەدیثێ‌و وتارێ وەکو قورئان‌و فەرموویەتی : (فلیأتوا بحدیث مثله) واتـە با وتارێکی وەکـو قورئان بێنن • وە لەسەر ئەم ئەنواعی موعارەضەیە جارێ خودا داوای ئەوە ئەکا کـە موعارەضەی حەزرەت بکا پیاوێکی وێنەی حەزرەت نەخوێندەوارو دوور لە مەداریس‌و مەعاهید ، وە جارێ داوای ئەوە ئەکا کە هەموو ئینسان گردبینەوە موعارەضەی قورئان بکەن •

وه بـه‌م ده‌لیلانه بـه‌یان کران ده‌رکه‌وت قورئان کـه‌لامی خودایه‌و گه‌وره موعجیزه‌ی حه‌زره‌ته ـدـو به ده‌وامی کات وه‌کو خۆی ئه‌مێنێته‌وه هه‌تا هه‌تایه . وه گه‌وره ده‌لیل له‌سه‌ر ئه‌م مه‌به‌سته ئه‌مه‌یه که خودای ته‌عالا واده‌ی داوه به پارازتنی وه فیعله‌ن له رۆژی نوزووله‌وه هه‌تا ئیمڕۆ له‌که‌ڵ زۆری دوژمنا هه‌روا به پارێزراوی ماوه‌ته‌وه : وه ئه‌گه‌ر ئه‌و ئایه‌ته که‌لامی خودا نه‌بوایه وه‌ها به ساغیو راستی پارێزه‌که‌ی نه‌ده‌هاته‌جێ •

ئه‌مجار خودای ته‌عالا به ئایه‌تی (بل كذبوا بما لم يحيطوا بعلمه ••• الآية) به‌یانی هۆی ئینکاری ئه‌و کافرانه ئه‌کا بۆ قورئانی که‌ریم . وه ئه‌م ئایه‌ته چه‌ن شتێ هه‌ڵئه‌گرێ :

۱ ـ هه‌ر کاتێ ئه‌وان ئایه‌تێکیان ئه‌بیست که باسی سه‌رگوزه‌شتی قه‌ومه قه‌دیمه‌کان بکا ئه‌یانوت : ئه‌مه هه‌مووی ئوسطووره‌و حیکایه‌تی کۆنه بیستوویه‌تیو ئه‌یگێڕێته‌وه . وه فامی ئه‌وه‌یان نه‌بوو مه‌به‌س له‌و گێڕانه‌وه به‌س گێڕانه‌وه‌ی واقیعاته‌که نه‌بو ، به‌ڵکو مه‌به‌س ته‌وجیهی ئاده‌میزاد بو بۆ به‌یانی قودره‌تو ته‌وانایی خودا له‌سه‌ر (تصرف) له جیهانا که پاشایان کز ئـه‌کاو داماوان بـه‌رز ئه‌کاته‌وه‌و کۆمه‌ڵێ لائـه‌باو کۆمه‌ڵێکی تر دێنێته پێشه‌وه ، وه هه‌روا مه‌به‌س په‌ندوه‌رگرتنی ئاده‌میزاد بوو که دنیا بۆ که‌س ده‌وامی نابێ له‌سه‌ر یه‌ك حاڵو پێویسته هه‌موو خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاتێ که‌وتنێکی بێ بۆ ئه‌وه که ئه‌وه‌نده به خۆیان بایی نه‌بن •

۲ ـ هۆی ئینکاریان ئه‌وه‌بو هه‌ر کاتێ حورووفی هیجایان ئه‌بیست وه‌کو (الـم)و وێنـه‌ی ئه‌وه‌و مه‌عناکه‌ی حاڵی نه‌ده‌بورن گومانیان بـه قورئان کز ئه‌بو ، وه خودا جوابی ئه‌مه‌ی دایه‌وه به‌وه که قورئان (محكم)و (متشابه)ی هه‌یه‌و مانیع نیه ئه‌مانه که‌س ته‌ئویلیان نه‌زانێ خودا نه‌بێ ، وه

یاخـود زانا بەرزەکان تەئویلی بزانن کـە حەزرەت ـدـ سەرداری زانا بەرزەکانە •

٣ ـ لەبەر ئەوە کە قورئان بە تەدریجو جوملە جوملە ئەهاتە خوارەوە ئەوانیش لەوە نیگەران ئەبوونو ئەیانوت : ئەمە چیەو بۆچی بە جارێ نەهاتە خوارەوە ؟ خوداش وەڵامی ئەمەیشی دایەوە بەوە کە هۆی ئەمە ئەوەیە دڵی تۆ دابمەزرێنێ لەسەر حەقو ئیمانت رۆژ بە رۆژ بە مەعنەویاتی دینەکەتو ناجیحی خۆت زیاد ببێو ئەصحابەکانیشت وردە وردە پلە پلە قورئانەکەت فێر ببنو لەبەری کەنو رەفتاری پێ بکەن •

٤ ـ لەبەر ئەوە کـە قورئان باسی حەشرو نەشری زۆر تیا بوە وە ئەوانیش ئولفەتیان بـە شتی مەحسووسەوە بو نەك بـە مەعادو ئوموری غەیبی باوەڕیان نەدەکرد ، وە خودایش حەشری بۆ ئیثبات ئەکردن بـە دەلیلی ئیجادی ئەووەڵجاریان لە نەبوونەوە •

٥ ـ لە قورئاندا زۆر ئەمرْ هەبو بە نوێژو رۆژوو عیبادەت ، ئەوانیش ئەیانوت : خودا موحتاج نیە بە عیبادەتی ئێمە ئەم عیبادەتانەی بۆ چیە ؟ ئەمانە درۆن ! وە خودای تەعالا بە میهرەبانی جوابی ئەدانەوە بە بەیانی ئەو ئاثارە کە لەو عیباداتە بەدەنیو مالیە پەیدا ئەبنو تەوجیهی ئەکردن بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد بە عەبەس دروست نەکراوەو پێویستە کە ئەنجامی پیرۆزی ببێو ئەیفەرموو مەثەلا : (افحسبتم انما خلقناكم عبثا وانكم الينا لا ترجعون ؟) •

واتە : خودای تەعالا لەگەڵ ناردنی ئایاتی بیرو باوەڕو طاعەتا بـە موناسبی شوێن ئیشارەی ئەکرد بە حیکمەت بۆ ئەو عەقیدەو ئەحکامانە کە دایئەمەزراندنو تەوجیهی ئینسانی ئەکرد بۆ تەماشای جیهانو تەماشای نەفسی ئینسانیو ئەیفەرمو •• (سنريهم آياتنا في الآفاق وفي انفسهم) وە

ئیرشادی ئەکردن بۆ باوەڕکردن بە زاتو سیفاتی خوداو ئینسانی ئامادە ئەکرد بۆ وردبوونەوە لە خۆیاو حاڵی ئەکرد کە تۆ وێنەی بچووکی عالەمی گەورەی‌و تەماشای خۆت بکە هەتا ئیحتیاجی‌و نیازمەندیت بە زاتی خودای بێ نیاز دەرکەوێ بۆت •

وە ئیرشادی ئەکردن بۆ رۆژی قیامەتو کاتی (معاد) بە هۆی (مبدأ)ەوە واتە : چۆنم دروستکردوون لە نەبوون وەها لە پاش مردن‌و رزاندن زیندووتان ئەکەمەوە وە ئەم دووکارە بەرابەر بە خودا یەکسانن •

وە ئیرشادی ئەکردن بۆ ئەوە قورئان کەلامێکی غەیبیەو لە لایەنی خوداوە هاتوەتە خوار وە فەصاحەتو بەلاغەتو رەسایی باسەکانی‌و جوانی مەعناکانی دەلیلە لەسەر ئەوە کەلامی خودایە •

وە لە عەینی حاڵدا بەرزی قورئانی ئەکرد بە دەلیل لەسەر ئەوە کە محەمەد ـد ـ پێغەمەری خودایە ئەگەرنا ئینسانی نەخوێندەوار بێخەبەر لە دیناو لە ئەوزاعی ئیدارەو بێ ئاگاداری لە نیظام ناتوانێ کەلامی وەها لە لایەنی خۆیەوە دابنێ •

وە نیشانی ئەدان کە فڕوفێڵ لەگەڵ خودای زانای تەواونادا مایەی زیانە بۆ ئینسان وە ئیخلاص‌و راستی مایەی پیرۆزی‌و بەختیاریە لە جیهاناو لە رۆژی حسێبی کردەوەدا •

وە حاڵی ئەکردن کە نوێژکردن دڵو رۆح نورانی ئەکاو دووری ئەخاتەوە لە کارو کردەوەی فاحیشەو ناپەسەندو لە ستەمکاری‌و نزیکی ئەکاتەوە لە خودا ؛ چونکە ئەنجامی عیبادەت پاکی نەفسەو ئەنجامی پاکی نەفس نزیك بوونەوەیە لە عالەمی قودسی‌و بە رۆژووگرتن نەفس ئەشکێ‌و

پاك ئەبێتەوەو لە زەكاتو سەرفی ماڵ لە رێگەی خودا یاسای یارمەتی لە ناو ئادەمیزادا دائەنرێ وە بە حەجکردن یادی رەهبەرانو دینداران تازە ئەبێتەوە •

هەروەها خودای تەعالا لەگەڵ ناردنی ئایاتا بە قەی موناسبی وەزع حیکمەتی دینی بۆ باسکردوون بۆ دامەزراندنی دڵیان •

خۆزگەم بەو کەسە بە بیرێکی ورد
بە هۆی ئیستیدلال یا بە بەراورد
بە نەفسو ئافاق بە وەزعی ئاثار
باوەڕی ئەکرد بە پەروەردگار
بزانێ عالەم پڕە لە ئەسرار
ئەسراری وەها پێی ناگا ئەفکار
ئاسمانو زەوی ، وشکانو دەریا
پڕتەوی هەتاو ئەڕژێ بە سەریا
کانو گیای سەوز حەیوانو ئینسان
لە رووی جیهانا ریزدران یەکسان
ئادەمی وێنەی تەلیسمێکی بەرز
بوو بە هۆی تەعمیر لە بۆ تەختی عەرز
خەلیفەی خودا لە رووی جیهانا
گەورە مەخلووقە لە رووی ئیمکانا
وێنەی فریشتەی ئاسمانەکان
جیهان بەوانە دێتە سەر تەکان

ئەگەر بەدخوو بێ هارە یا مارە
یا دووپشکێکی خاوەن ئازارە
ئەگەر خۆشخوو بێ بە پەیکەر ئینسە
بە سیرەت هاورێی فریشتەی قودسە
نابێ ئەم دەورە سەماو سەرزەوی
بێ خالیقێکی تەوانای قەوی
نابێ ئادەمی بە نەزمو یاسا
بژێتو بمرێو نەیەتۆ ئەوسا
حسێبێ نەبێ بۆ کردەوەو کار
جەزایێ نەبێ بۆ رۆژی قەرار
مەردان بە هێزی سەعادەتکاری
ئەگەن بە پایەی رێی بەختیاری
نامەردان بە حەق ئەگەن بە جەزا
حوکمیان ئەدرێ لە (دار القضا)
خیلافی عەقڵە ئینسانی عاقڵ
وێنەی دێوانەی بێ کارو ماتڵ
خیلافی عەقڵە ئینسانی ئارام
بێتە سەر وەزنی ئینسانی بەدکام
خیلافی عەقڵە مەردی بە وژدان
هاوکێش بێ لەگەڵ شەقاوەی مەیدان



جا زۆر مەعقووله ئینسانی عاقڵ
هەرگیز له طاعەت خۆی نەکا غافڵ
لەسەر تەوفیقو یارمەتی خودا
به ئیخلاصی دڵ عیبادەت بکا
به دڵ بجۆشێ له بۆ رەزای ئەو
به رۆح بنۆشی دەوای قەزای ئەو
پاك بکاتەوه به میزانی حاڵ
نەفسی ئەممارەی بۆ فەوزی کەمال

★ ★ ★

هەروا پاش ئەدای هەموو واجیبات
پاش دووریو پارێز له موحەڕەمات
خزمەتێ بکا به پیرۆزی غەیر
بیکا به پایەی ئایەو مایەی خەیر
تا مومکین ئەبێ رێگەیێ بگرێ
له پاش مردنیا ناوەکەی نەمرێ
ئەمەیه رێگەی مەردی بەختیار
سامیو (نامی) بێ تا (یوم القرار)

★ ★ ★

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يَسْتَمِعونَ إِلَيْكَ) ★

لەو کافرانەیه کەسانێ که دێن گوێ له تۆ ئەگرن له کاتی خوێندنەوەی

قورئانا یا لە کاتی ئامۆژگاری ئەصحابەکانتا بەڵام بە نەوعێ کـە سـوود وەرنەگرن . واتە وتارەکەت بۆ ئەوە نابیسن کە ئیمانی پێ بێنن بەڵکو بۆ ئەوە کە رەخنەی لێبگرنو رەدی بکەنەوە ؛ بە کورتی بیستنێکی زاهیری دوور لە حاڵی بوون لە مەعنای وتارەکە وەها (کانە) نەیانبیستوە وە فامی مەعناکەیان نەکردوە •

★ (اَفَاَنْتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ ولَوْ كانُوا لاَ يَعْقِلونَ ؟) (٤٢) ★

جا ئایا ئەی خۆشەویست تۆ ئەتوانی قسەی بەسوود ببەیتە گوێچکەی ئینسانی کەڕەوە هەرچەن ئەوان عەقڵی ئەوەیان نەبێ لە مەعناکەی حاڵی بین ؟ طەبعەن ناتوانی •

★ (ومِنْهُمْ مَنْ يَنْظُرُ إلَيْكَ) ★

وە لەو کافرانەیە کەسێ ئەڕوانێ بۆ لای تۆ بەڵام نەك بە تەماشایەکی بە سوود وەکو ڕوانێ بۆ رەهبەرێ کە سوودی لێ وەربگرێ ، بەڵکو بـە تەماشایێ وەکو منداڵێ تەماشای عەرزێ بکا کانی زێڕ بێ وە هیچ نەفامێ ئەو عەزرە چی تیایە • یا وەکو دوژمنێ بڕوانێ بۆ مامۆستایەکی بەرز بە شێوەی قارو کینە • وە (کأنە) تۆی نەدیوەو بەرابەر بە زاتی تۆ کوێرو بێ چاوە •

★ (اَفَاَنْتَ تَهْدِي العُمْيَ ولَوْ كانُوا لاَ يُبْصِرُونَ ؟!) (٤٣) ★

جا ئایا تۆ ئەتوانی ئەوانـــە کە کوێرن شارەزایان بکەی بۆ رێگەی مەقصوود هەرچەن ئەوان کوێر بنو بەردەمی خۆیان نەبینن ؟! طەبعـەن نــە •

★ (إِنَّ اللهَ لا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئاً ولكِنَّ النَّاسَ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمونَ) (٤٤) ★

بە راستی خودای تەعالا ستەم ناکا لە ئادەمیزاد بە هیچ نەوعە ستەمێ بەڵام ئادەمیزاد ستەم لـــە خۆیان ئەکەن وە ئـــەو ئەسباب‌و ئەعزایە کە پێمان‌داون وەکو چاوو گوێچکەو هۆش کە وەکو ئاوێنەی ساف‌و صوورەتی حەقایق وەرئەگرن ـ بە تۆزی عەنادو پشت‌هەڵکردن لە راستی بێ‌سوودیان ئەکەن‌و خۆیان ئەکەن بە کەڕو کوێرو نەفام‌و بێ هۆش‌و بێ ئیختیار •

ئیبن‌و قوتەیبەی دینەوەری لـە ئایەتی (ومنهم من يستمع اليك)وە ئیستینباطی کردوە کە گوێچکە بەسوودترە لە چاو بۆ ئینسان ، بە دەلیلی ئەوە کە گوێی لەگەڵ عەقڵدا کردوە بە هاومیزان‌و نەمانی گوێچکەی کردوە بە هۆی نەمانی عەقڵ • وە لە ئایەتی دواییدا نەمانی چاوی کردوە بە هـۆی نەمانی دیتن‌و بەس •

وە چەن دەلیلی تریشی هێناوەتەوە بۆ داواکەی وەکو ئەوە کە بیستن دێتە جێ لە هەموو جانیبێکەوە بەڵام دیتن هەر لـــە بەرانبەرەوەیە • وە شاگردەکان سوود وەرئەگرن لـــە مامۆستا بـە بیستنی وتارەکانیان‌و • پێگەیشتن لە کەمالاتی عیلمیەدا بەسراوە بە بیستنەوە نەك بە دیتنەوە ، وە ئادەمیزاد لە بیستنی وتاری پێغەمەرانەوە •

★ (وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَنْ لَمْ يَلْبَثُوا إِلاَّ ساعَةً مِنَ النَّهارِ يَتَعارَفُونَ بَيْنَهُمْ) ★

وە لەو رۆژەدا کە خودای تەعالا ئەو کافرانە زیندوو ئەکاتەوەو لـە نوستنی بەرزەخ هەڵیان‌ئەستێنێ‌و گردیان ئەکاتەوە لە (کۆمەڵگا)دا ئەوە

ماوەی ژیانی دنیایان یا ماوەی مانەوەیان لە گۆڕا لە عالەمی (بەرزەخ)دا وە یا ماوەی مانەوەیان لە هەردوولایانا وا دێتە بەر چاویان (کأنە) نەماونەتەوە ماوەیەکی کەم نەبێ لە ڕۆژێکی درێژا وە لە ناو خۆیانا لەو کاتە کەمەدا یەکتریان ناسیوەو رایانبواردوە •

★ (قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ) (٤٥) ★

جا بە راستی حاڵی ئەبن کە خەسارەتمەند بوون ئەو کەسانە باوەڕیان بە گەیشتن بە حوزووری خودا لە قیامەتا نیەو بە قەطعیشارەزا نەبوون بۆ ڕێگەی مەقسود •

★ (وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ) (٤٦) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە حاڵی ئەو کافرانە خۆت ماندوو مەکەو بزانە هەرچیم بەیانکردوە بۆ ئەنجامی ئەوان هەمووی دێتە جێ ، جا یا بازێ لەو شتانە کە وادەم داوە بیهێنم بەسەریانا نیشانت ئەدەم کە بە چاوی خۆت بیبینی وەکو شکانی بەدرو ، فەتحی مەکەو ، گرتنی هەوازینو غەیری ئەوانەیش ••• وە یا خود تۆ ئەهێنینەوە بۆ لای خۆمان ، واتە ئەتمرێنینو گیانت وەرئەگرینو بەهەر حاڵ گەڕانەوەی هەموو ئەوان بۆ لای ئێمەیەو لە پاشا خودا حسێبیان ئەکێشێو خۆی ئاگادارە لەسەر ئەو شتانە کە ئیستە ئەیکەنو لە خودا ون نابێ •

★ (وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَسُولٌ فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ) (٤٧) ★

بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتەکانی پێش تۆ وەکو ئوممەتی بەنی ئیسرائیلو ، ئوممەتی قیبطیو ، ئوممەتی هیندیو ، ئوممەتی عەرەبو غەیری ئەمانە پێغەمەرێ رەوانە کراوەو لە ماوەی ژیانا ئەحکامی خودای گەیاندوە پێیان ، جا کاتێ پێغەمەرەکەیان هاتوە بۆ لایان لە دنیاداو ئامۆژگاری کردوونو موعجیزاتی نیشانداون ئیشی تەبلیغاتی ئەوان تەواو کراوە بە عەدالەت ، وە یاخود هەر ئوممەتێ رەسوولو رەهبەرێکی بوە لە دینا جا لە رۆژی قیامەتا لە کاتی حیسابا پێغەمەرەکەیان حازر ئەکرێ ، جا کاتێ پێغەمەرەکەیان هاتو شەهادەتی دا لەسەر رەفتارو بیرو باوەڕیان خودا بەو جۆرەو لەسەر ئەو شەهادەتی پێغەمەرانە ئەڕوا ، چونکی عیلمی هەیە بەوە راست ئەڵێن ، وە حوکم ئەدرێ لە بەینی ئەوانا لەسەر شێوەی دادپەرستیو ئەوانە بە قەتعی ستەمیان لێ ناکرێو جەزای بیرو باوەڕیانو کردەوەی باشیان زایە نابێو ، تاوانی کەس ناخرێتە سەرشانی کەسو هەرکەس بە میزانی خۆی پاداش یا تۆڵەی بۆ بڕیار ئەدرێو ، کەس نامێنێتەوە لە دۆزەخا لەوانە کە خاوەن دین بوونو ئیمانیان بوە بە خوداو پێغەمەری خودا •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەمەیە ئەمە کە خودا فەرموویەتی هەموو ئوممەتێ پێغەمەرێکیان بوە رێك ناکەوێ لەگەڵ ئەوەدا کە مەشهوورە زەمانی (فترة) = بێ پێغەمەری ، بوە لە ناو عەرەبا لە بەینی زەمانی ئیسماعیلو زەمانی (محمد المصطفی)دا (د) !

وەلامی ئەم شوبهە ئەمەیە : هەموو ئوممەتێ پێغەمەری بۆ هاتوە ، یەك ، یا دوو ، یا زیاتر لەوە لە زەمانێکدا یا بەرودوا وە لەسەر یاسای

خودا کە قەت لە زیاد لە تاقەت تەکلیف لەکەس ناکا ، ئەگەر زەمانێکی زۆری وەها رابوردبێ لە بەینی دوو پێغەمەرا کە ئادابی دینی پێشو کوێر بوویێتەوەو ئەحکامی لە بەرچاوی خەڵکا لەبیر چوویێتەوە ئەوە خودا عیقاب لەو قەومە ناکا ، وەکو ئوممەتی عەرەب لە بەینی زەمانی حەزرەتی ئیسماعیلو (محمد المصطفی)دا بە تایبەتی لە بەشی دواییدا لە بەرزکردنەوەی حەزرەتی عیساوە تا هاتنی پێغەمەر (د) •

بۆیە زانایانی تەفسیر ماوەی بەینی ئیسماعیلو حەزرەت کە دەوری دوو هەزار ساڵە کردوویانە بە سێ بەشەوە ، لە بەشی یەکەمدا تەکلیفات ثابت بوەو هەرکەس موخالەفەی دینی ئیسماعیلی کردبێ کافر بوە ، هەروا لە ئەوەڵی بەشی دووهەمیشەوە کە عەمری کوڕی (لُحَیّ) رۆیشت بۆ شامو بتی هێنا بۆ مەکەو دایمەزراند ، بۆیە حەزرەت فەرموویەتی : عەمری کوڕی لوحەیم دی لە ئاگری دۆزەخا ریخۆڵەی خۆی رائەکێشا ! وە بەشی سێهەمی لە موافیقی زەمانی عیساوە تا زەمانی حەزرەت ئادابی دین نەماوە ئەگەر شتێ لە ئوصووڵی دین دائیر بووبێ بە هۆی بتهێنانو قیلو قالەوە لە بیری خەڵك دەرچوە ، بۆیە بڕیار دراوە کە ئادەمیزادی عەرەب لەو ماوەدا لە ئەهلی (فترة) واتە سستیو بچڕانی وەحی ئەناسرێنو موکەللەف نین بە ئیمانو بە کافر ناناسرێنو سزایان نیە ، وەکو خودا فەرموویەتی : (وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا) وە فەرموویە : (رسلا مبشرین ومنذرین لئلا یکون للناس علی الله حجة بعد الرسل)وە فەرموویەتی : (ولو انا اهلکناهم بعذاب من قبله لقالوا : ربنا لولا ارسلت رسولا !) •

بە کورتی رەوانەکردنی پێغەمەر بۆ سەر ئوممەتێ مونافی نیە بۆ پەیدابوونی عەهدی فەترەت ، چونکی مادام ماوە زۆر بوو زانایانی دین

کەم بوونو تەبلیغات رەسا نەبو ئەوە لەو چەرخەدا دین ونئەبیو ئادەمیزاد ئیستیفادە ناکەن •

هەروا ئەو ئومەتانە کە لە پێش ئەم زەمانی ئێسەدا لە جەزیرە دوورەکانی ناو دەریادا بوونو لە کێوە بەرزەکانا بوونو ئادابی دینیان پێنەگەیشتوە ••• ئەوانەیش موکەللەف نەبوون بەڵام لە زەمانی ئێمەدا تەبلیغات بە هۆی قورئانی ئیزگەکانو رۆژنامەوە ئەهلی فەترە کەم بوونەتەوە یا هەر نەماون •

باسی دووەم : خودای تەعالا فەرموویە : (یا اهل الکتاب قد جاءکم رسولنا یبین لکم علی فترة من الرسل ان تقولوا : ما جاءنا من بشیر ولا نذیر . فقد جاءکم بشیر ونذیر والله علی کل شيء قدیر) ئایەتی نۆزدەی سوورەتی مائیدە ـ واتە : ئەی ئەهلی کیتاب ! ئەی ئەهلی تەوراتو ئینجیل وا بە راستی پێغەمەری ئێمە محەمەد هات بۆ لاتان لە کاتی سستیو بڕانەوەی تەبلیغاتی دین لە لایەنی پێغەمەرانەوەو ئەو پێغەمەرەیش بۆ ئەوە هات نەبادا عوزر بێننەوە لەوەختی حسێبا بڵێن : ئێمە مەعذوورینو موکەللەف نین ؛ چونکی رەهبەری موژدەدەر بە فەرمانبەرو ترسێنەر هات بۆ لاتان ئیتر عوزرتان نەما لە لای خودا •

ئەم ئایەتە نەصە لەوەدا کە پێغەمەری ئێمە (د) لە زەمانی فەترەتدا رەوانە کراوەو زەمانی فەترەت عیبارەتە لەو زەمانە کە یاسای عەقیدەو ئەحکام بە رێکی نەمابیو بە هۆی دەستبۆبردنو هەوابازیەوە تێکچووبێ ، ئەگەرنا دیارە کە ئوصوولی دینی موسا (د)وە یاسای دینی عیسا لە ناو کیتابیەکانا ماوەتەوە بەڵام بە دەستبۆبراوی • جا لە شکی ئەوە ئەو چەرخە زەمانی فەترەت بووبێ بۆ ئەوان کە دووری لە ئومەتەکەیەوە دەوری

شەشصەد ساڵو کوسوور بوە بە (طریق الاولی) نیسبەت بە عەرەب کە دینی ئیسماعیل (د) بە رووناکی نەمابوەوە دەوری فەترەتیان موحەقەق بوەو مەسئوولیەتی دینی نەماوە بۆ ئەوان • وە بە نەصی (ان تقولوا ما جاءنا من بشیر ولا نذیر) دەرئەکەوێ لەو چەرخەدا کە چەرخی بچڕانی وەحی بوە مەجالی تەکلیف نەماوە • جا لەم موقەدیماتە قەطعیەوە دەرئەکەوێت لە عەرەبی جاهیلیەت لە ماوەی شەشصەد ساڵ پێش رەوانەکردنی پێغەمەر (د) لە عەهدی فەترەتدا بوونو بە کافر ناناسرێن بە مەعنای مونکیری دەعوەتی پێغەمەر . وە لە پاش مردن جێگەیان بەهەشتە هەرچەند پایەیان کەمتر بێ لە پایەی موسوڵمانەکان بە چەند پایە •

وە ئاشکرایە باوکو باپیرەی حەزرەت (د) لەو ماوەدا لە ئەهلی فەترەت بوون ، وە عەبدوڵلای باوکی چل ساڵ وە ئامینەی دایکی سیو چوار ساڵ لە پێش بوونی محەمەدا بە پێغەمەر مردوونو بە قەطعی ئەمانە بە موشریكو بە کافر ناناسرێنو ، ئیستیغفار کە دروست نیە بۆ موشریکین بۆ ئەو موشریکانەیە کە کوفرو ئیشراکیان مەعلووم بێ ، وەکو خودا فەرموویەتی : (من بعد ما تبین لە انهم اصحاب الجحیم) ئایەتی (١١٣)ی تەوبە • وە هەر حوکمێ موخالیفی ئەمە بێ مەردوودو بێ بایەخە چونکی موخالیفی نوصووصە ، وە هەر ریوایەتێ کرابێ لەم هۆوە لەسەر سزای ئەهلی فەترەت یا ئیسنادەکەی زەعیفە وە یا ئیسنادەکەیشی هێزی بێ رەفتاری پێ ناکرێ لە بیرو باوەڕا ؛ چونکی دەلیلی ئیعتیقادیات ئەبێ قەطعی بێو ئەخباری ئاحاد مووجیبن بۆ (ظەن) وە خودا فەرموویەتی : (ان الظن لا یغنی من الحق شیئا) وە ئەمە دیارە ئیعتیقاد لەسەر عیلمو بورهانە وە ئەحکامی عەمەلی لەسەر تەقلیدو ئیجتیهادو (ظەنە) •

وە عەلامە ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکری خەطیبی قەسطەلانی لــە کتێبی (المواهب اللدنیه) جوزئی یەکەم لاپەڕە (٣٥)دا بەیانی ئەوەی کردوە کە فەرموودەی ئیمامی نەوەوی (خ) لە باسی‌سزای ئەهلی فەترەتدا مەقبوول نیــە •

وە تەرجومەی مەواهیب ئەمەیە ئەفەرموێت : بەراستی زانای زۆر بەرز ئەبو عەبدوڵلای مالیکی لــە حاشیەی صەحیحی موسلیمدا تەعقیبی فەرموودەی ئیمامی نەوەوی کردوە لەوەدا کە یەکێ لــە ئەهلی فەترەت لەسەر بتپەرستی مردبێ وا لە ناو ئاگری دۆزەخا ••• ئەڵێ : بڕوانە بۆ ئەو تەنافیە وا لە کەلامی نەوەویدا ! خەڵکی قسەیان لە ئەهلی فەترەت لەو بەشەدایە کە دەعوەتیان پێ نەگەیشتبێ بە رەوانیو راستی ، وە ئەوانە کە دەعوەتیان پێگەیشتوە بەراستی لــە ئەهلی فەترەت ناژمێررێن ؛ چونکی فەترەت ئەو ئوممەتانەن کە وان لە بەینی زەمانی بڕانەوەی تەبلیغاتی پێغەمەرە پێشوەکانو پێش زەمانی هاتنی پێغەمەری تازەدا ، وەکو ئــەو ئەعرابانە کە عیسا رەوانە نەکراوە بۆ لایانو نەیشگەیشتوون بە زەمانی ریسالەتی (محمد المصطفی)دا •

وە فەترەت بەم مەعنا شامیلە بۆ مابەینی هەموو دوو پێغەمەرێ کە تەبلیغات لە بەینیانا بڕابێتەوە وەکو مابەینی نوحو هود ـدـ بەڵام فوقەها کە باسی فەترەت ئەکەن ئەوە مەبەسیان مابەینی زەمانی حەزرەتی عیساو حەزرەتی محەمەدە ـدـ وە بوخاری ـخـ نەقل ئەکا لــە سەلمانەوە ـخـ کە ئەو بەینە شەشصەد ساڵ بوە وە ئەدیللەی قاطیعە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە سزا نیە هەتا حوجەت دێتە سەر قەومەکە بە تەبلیغاتی پێغەمەران •

جا ئەگەر تۆ ئەڵێی چەن حەدیثی صەحیح هەیە لەسەر سزای ئەهلی فەترەت ، وەکو حەدیثی (رأيت عمر بن لحى يجر قصبه في النار) (ورأيت صاحب المحجن في النار . وهو الذي يسرق الحاج بمحجنه فاذا بصر به قال : انما تعلق بمحجنى) ••• ئەڵێم : جوابدراونەتەوە بە چەن جواب :

یەکـەم : ئەمـانە ئەخبـاری ئاحادن‌و هێزی موعارەضـەی دەلیلی قەطعییان نیە •

دووهەم : ئەوەیە کە سزا بەس بۆ ئەو چەن کەسە بوە لەبەر دەلیلی تایبەتی •

سێهەم : ئەو حەدیثانە بۆ سزادانی ئەو کەسانەیە کە چاکیان هەڵکرد بۆ درۆو دەلەسەو گۆڕانی دینە راستە پێشوەکە بە جۆرێ کە مەغدوور نەبێ تیایا وەکو (بت) دامەزراندن بۆ پەرستیاری‌و گۆڕینی قەواعیدی دین ؛ چونکی ئەهلی فەترەت بە مەعنای عام سێ بەشن :

یەکەم : ئەوانە کە دەرکی تەوحیدیان کردوە بە نووری دڵ‌و رووناکی بەصیرەتی خۆیان جا ئەمانە بازێکیان داخلی دینی هیچ پێغەمەرێ نەبوون‌و خۆیان بـە (موحد)ی ماون . وەکو (قس بن ساعده)و ، (زيد بن عمرو بن نفيل) وە بازێکیان داخڵ بوون لە دینی پێغەمەرێکدا ، وەکو (تبع)و قەومەکەی لە (حمير)و ، ئەهلی نەجـرانو ، وەرەقـەی کوڕی نەوفەڵ‌و ، عوثمانی کوڕی حوەیریث . کە مامی نەوفەل بودو داخلی دینی عیسا بوون •

بەشی دووهەم : ئەوانەن کە دینەکەیان گۆڕیوەو خەڵکیان بەرەو گومڕاهی بردوەو دەستیان کردوە بە تەشریعات‌و تەحلیل‌و تەحریم ئـەم

بەشە زۆربەکەیانن ، وەکو عەمری کوڕی لوحەیی کە یەکەم کەسێ بوە کە عیبادەتی بتی دامەزراندو بەحیرەو سائیبەی بڕیارداو (وەصیلە)ی قەرار دا وە عەرەب کەوتنە شوێنیان ، کە ئەمانە زۆر نامەردو بەدبیرن •

بەشی سێهەم : لە ئەهلی فەترەت ئەوانەن کە تەوحیدیان نەکردوەو ئیشراکیشیان نەکردوەو داخلی شەرعی کەس نەبوونو دینێکی تازەیان بۆ خۆیان بڕیار نەداوە بەڵکو لە ماوەی ژیانی خۆیا بە غافلیو سادەیی ماوەتەوە ، وە لە جاهیلیەتا زۆر زۆر کەس لەم جۆرە بوون •

جا مادام ئەهلی فەترەتی بە مەعنا عام ئەم سێ بەشە بن هەرکەسێ لەوان کە تەعذیبی لە حەدیثی صەحیحدا ثابت بێ حەمل ئەکرێ لەسەر ئەهلی بەشی دوەم لە خاوەن تەبدیلو تەضلیلو دیندروستکەری گومڕاە ، وە ئەم بەشە هەموو بە موشریکو کوفار ناوبراون لە قورئانا ، تەماشا ئەکەین ئەو کەسانە کە بەحیرەو ، سائیبەو ، وەصیلەو ، حامیان کردوە خودا بە کافری ناوبردوون ، وەکو فەرموویە : (ما جعل الله من بحيرة ولا سائبة ••) لە پاشا ئەلێت : (ولكن الذين كفروا يفترون على الله الكذب واكثرهم لا يعقلون) •

وە بەشی سێهەم : بە ڕاستی ئەوان ئەهلی فەترەت بوونو بە هیچ شێوەیێ سزایان نەبوە •

بەڵام بەشی یەکەم وەکو (قیسی کوڕی ساعیدە)و (زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل) ئەوە حەزرەت فەرموویەتی دەرحەق بە هەرکامیان (انه يبعث امة واحدة) ، بەڵام عوثمانی کوڕی حوەیریثو وەرەقەی کوڕی نەوفەل ئەوانە داخلی دینی حەق بوون کە دینی خودایی بو ، وە نەگەیشتوون بە دینی ئیسلامی عەهدی حەزرەتو ، ئەوانە شوبهە نیە کە

وەکو باقی ئەهلی دینن لە موسوڵمانان هەتا ئەگەن بە دینی ناسیخ بۆ ئەو دینە • (لێرەدا تەرجەمەی عیبارەتی المواهب اللدنیة بڕایەوە) •

وەلحاصڵ گەلێ دەلیلی ڕووناکی بێشوبهە لە ئایەتی قورئانی پیرۆزا هەیە کە حەزرەت لە عەهدی فەترەتدا رەوانەکراوەو ئەو ئوممەتە کە لە پێش هاتنی ئەودا لە وڵاتا بوون ئەهلی فەترەت بوون :

یەکەم : ئایەتی : (یا اهل الکتاب قد جاءکم رسولنا یبین لکم علی فترة من الرسل •••) ئایەتی ١٩ سوورەتی مائیدە •

دووهەم : ئایەتی : (لتنذر قوما ما اتیهم من نذیر من قبلك لعلهم یهتدون) ئایەتی ٣ سوورەتی سەجدە •

سێهەم : ئایەتی (لتنذر قوما ما انذر آباؤهم فهم غافلون) ئایەتی ٦ سوورەتی یاسین •

وە چەن ئایەت هەن دەلیلن لەسەر ئەوە کە ئەهلی فەترەت سزا نادرێن وەکو ئایەتی (وما کنا معذبین حتی نبعث رسولا) ئایەتی ١٥ سوورەتی ئیسراء •

وە وەکو ئایەتی : (لئلا یکون للناس علی الله حجة بعد الرسل) ئایەتی ١٦٥ی سوورەتی مائیدە •

جا لەم مەقامەدا دەلیلێکی قەطعی لە شکڵی ئەوەڵ دروست ئەبێ لەسەر ئەوە کە باوكو دایکی حەزرەتو غەیری ئەوانیش لەوانە کە لە عەهدی فەترەتدا بوون سزایان نەبوەو نیە ، تەقریری ئەو دەلیلە بەم شێوەتانێ : باوكو دایکی حەزرەت ـ دو وێنەی ئەوان ئەهلی فەترەت بوون وە هەرکەس لە عەهدی فەترەتدا بووبێ سزای نیە ، نەتیجە ئەدا کە

باوكو دایكی حەزرەت سزایان نیە • دەلیلی موقەدیمەی یەكەم سێ ئایەتە پێشوەكەیەو دەلیلی موقەدیمەی دووهەمیش دوو ئایەتە دواییەكەیە •

وە ئەو حەدیثانە كە ریوایەتكراون لە عائیشەوە ـخـ كە لە ساڵی (حجة الوداع)دا پێغەمەر ـدـ لە رێگەدا رۆیشتە (حەجون) بە زویریو گەڕایەوە بە خۆشیو شادیو گێڕایەوە بۆ عائیشە كە خودای تەعالا ئامینەی دایكی بۆ زیندووكردەوەو ئیمانی پێ هێنا • (رواه الطبراني بسنده) •

وە ئەو حەدیثەیش كە سوهەیلیو خەطیب ریوایەتیان كردوە لە عائیشەوە كە خودای تەعالا باوكو دایكی حەزرەتی زیندوكردوەتەوە بۆیو ئیمانیان پێهێناوە ئەوە ئەو زیندوكردنەوەو ئیمانهێنانە لەبەر دەفعی عەزاب نەبوە لەوانو بەلكو لە بەر تەشریفو رێزیان بوە لەبەر پایەی حەزرەت كە بگەن بە شەرەفی ئیسلامو بین بە دوان لە ئەفرادی ئوممەتی حەزرەت ـدـ چونكی ئیسباتمان كرد كە بەشی سێهەم لە ئەهلی فەترەت موكەللەف نەبوون •

وە ئەو قسانە كە وتراوە : بە زیندوكردنەوە لە پاش مردن ئەحكام ناگۆڕرێ ئەوە پووچە ؛ چونكی ئێمە ئیعتیباری ئیحیا ناكەین بە وەسیلە بۆ دەفعی عەزابو حوكمی عەزاب لەسەر ئەوان نەبوە ، بەلكو ئەم زیندوكردنەوە لەبەر رێزو تەشریف بوە بە شێوەی (خرق العادە) وەكو زیندوكردنەوەی مردوو بۆ عیسا ـدـ •

وە هەر شتێ موخالیفی ئەمانە ریوایەت كرابێ جێگەی ئیعتیبار نین لەبەر ئەوە كە نەصی قاطیع هەیە لەسەر ئەوە عەهدی بەشی ئاخر لە عەرەبی جاهیلیە بەشی فەترەتەو ئەو بەشە موكەللەف نەبوون ، وە حەدیثی ئاحاد

موعارەضەی قاطیع ناکا • وە بە تایبەتی ئەو ریوایەتە کە لە عائیشەوە کراوە بۆ زیندوکردنەوەیان لە سالی (حجة الوداع) بوە کە کەوتوەتە زەمانی دامەزرانی فوتوحات بۆ حەزرەت ـدـو زەمانی باراندنی بارانی رەحمەت بوە بە زۆری لەسەر حەزرەتا ـدـ وە لەسەر ئەتباعو پەیوەندەکانی ـخـ •

ئەمەی باسم کرد ئەی برای جەلیل
لە ریوایاتو ئایاتی جەلیل
مەبەسم تەنیا تەحقیقی حالە
تەحقیق بۆ ئینسان مایەی کەمالە
ریوایەت هەرچەند بە عینایەتە
کەی هێزی بە قەی نەصی ئایەتە ؟
ئەو مەتنی ظەننیو مەعنای ظەننییە
ئەم یەکەم لەفزی نەصی قەطعیە
مەعنایشی کاتێ نەص بو یا ظاهیر
لەسەر خوصووما ئەبێ بە قاهیر
ئیتر پێت ناوێ بە تۆزی گومان
بکەویتە ناو زەعیفی ئیمان
ئاگات لە خۆت بێ ئەم باسە گولە
گوڵ کاتێ درا بەستەی موشکولە
عاطیفە نیە رووی حەقیقەتە
پەیڕەوی نوصووص لە شەریعەتە

دین وا دامەزرا لە بۆ ئیعتیقاد
هەر قاطیع ئەبێ بە مایەی رەشاد
مەوضووعی ئێمە گەلێ نازارە
لادان لە رێگەی مایەی ئازارە

★ ★ ★

★ (ویَقولونَ : مَتی هذا الوَعْدُ إنْ کُنْتُمْ صادِقِینَ ؟) (٤٨) ★

وە کافرەکان بە شێوەی گاڵتەپێکردن ئەڵێن : لە چ کاتێکدا ئەو سزایە کە ئێمەی پێ ئەترسێنن دێتە جێ ؟ دە ئەگەر راست ئەکەن پێمان بڵێن !

★ (قُلْ : لا امْلِكُ لِنَفْسِي ضَرّاً ولا نَفْعاً إلاّ ما شاءَ اللهُ) : ★

ئـەی خۆشەویست لـە وەڵاما پێیان بڵێ : من خاوەنی هیچ زیانو سوودێ نیم بۆ خۆم چ جایێ بۆ ئێوە ؟ دەی وەکو ناتوانم لە خۆمەوە نەخۆشینێ یا رزگاری لە ئازارێ بۆ خۆم دەردەست بکەم بۆ ئێوەیش هیچم لە دەستا نیە مەگەر خودا خواستی لەسەر شتێ بێ لە سوود یا لە زیان وە بە ئەمری ئەو بێت بەسەرما بەڵام ئەوەندە بزانن کە :

★ (لِکُلِّ امَّةٍ اجَلٌ إذا جاءَ اجَلُهُمْ فلا یَسْتَأخِرونَ ساعَةً ولا یَسْتَقْدِمونَ) (٤٩) ★

لە بۆ نەمانی هەموو ئوممەتێ وادەیێ بڕیار دراوە لە عیلمی خودادا : کاتێ ئەو وادەو ئەو کاتە هات ئیتر مەیدانی بەرو دوای نیەو ناتوانن بیخەنە کاتی دواوە وەکو ناتوانن بیخـەنە پێشەوە ٠ واتـە ئـەو ئەجەلە قابیلی گۆڕان نیە ٠

★ (قُلْ : اَرَاَیْتُمْ إنْ اَتیكُمْ عَذابُهُ بَیاتاً اَوْ نهاراً ماذَا یَسْتَعْجِلُ مِنْهُ المُجْرِمُونَ ؟) (٥٠) ★

تۆ بڵێ ، ئەی خۆشەویست ، بەو کافرانە : پێم بڵێن : ئەگەر ئەو سزا دیاریکراوە بێت بۆتان لە شەوا یا لە رۆژا کامیان بە لاتانەوە جوانەو موناسبی حاڵەو ئەو موجریمانە کە ئێوەن خواستتان لەسەر زووهاتنی کامیانە ؟ دیارە ئینسان هیچ سزایەکی ناوێ • واتە ئەو پەلە پەلە کە لە ئێمەی ئەکەن لەبەر ئەوەیە گاڵتەمان پێئەکەنو وا ئەزانن کە درۆ ئەکەین ، ئەگەر بتانزانیایە راست ئەکەین پەلەپەلتان نەدەکرد ؛ چونکی ئینسان لە حاڵی خۆیا حەز لە هیچ ئازارو بێزارێ ناکا •

★ (اَثُمَّ إذا ما وَقَعَ آمَنْتُمْ بِهِ الآنَ وقَدْ كُنْتُمْ بِهِ تَسْتَعْجِلونَ ؟!) (٥١) ★

ئایا لەبەر ئەوە پەلە ئەکەن کاتێ کە عەزابەکە بێتە سەرتان ئیمانو باوەڕتان ئەهێنا بەوە کە ئەو عەزابە مەوعوودەکەیەو وەعدەکەی خودا راست بوەو ئیماتتان پێ ئەهێنا ئەوە سوودی نابێ بۆ ئێوە ؛ چونکی خودا لەو کاتەدا ئەفەرموێت ، بە ئیستینکارەوە ، : ئائیستە باوەڕی پێ ئەکەن وەلحاڵ لە پێشدا پەلەپەلتان ئەکرد لە رووی گاڵتەپێکردنەوەو لە رووی بێباوەڕیەوە ؟!

واتە ئەگەر باوەڕتان بە عەزابەکە باوەڕی خۆشەویستیە ئەوە مەحاڵە ؛ چونکی کەس خواستی لەسەر ئازاری خۆی نیە ، وە ئەگەر بۆ ئەوەیە لەو کاتەدا دێت باوەڕی پێبکەن ئەوە ئەو باوەڕە بێ سوودە •

★ (ثُمَّ قِیلَ لِلَّذینَ ظَلَموا : ذُوقُوا عذابَ الخُلْدِ) ★

لە پاش ئەوە کە قیامەتیان بۆ هات ئەوترێ بەو کەسانە کە ستەمیان لـە خۆیان کرد بـە هۆی ئینکاری خوداو پێغەمەرەوە : بچەژن سزای نەبڕاوەو هەمیشەیی •

★ (هَلْ تُجْزَوْنَ إلاَّ بِما كُنْتُمْ تَكْسِبونَ ؟) (٥٢) ★

ئایا ئێوە جەزا ئەدرێنەوە مەگەر بەو کردەوانەو بەو بیرو باوەڕانە کە وەرتانئەگرتو ئەتانکردو بە باوەڕی راستو کردەوەی باشتان ئەزانین ؟

★ (ويَسْتَنْبِئونَكَ : اَحَقٌّ هُوَ ؟) ★

وە لـە پاش ئەوە کە ئیثباتمان کرد وجوودی خودای پەروەردگار حەقەو ریسالەتی پێغەمەر راستە پرسیارت لێ ئەکەن : ئایا ئەوەی بڕیارتان دا راستە ؟

★ (قُلْ : إي ورَبِّي ! إنَّهُ لَحَقٌّ وما اَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ !) (٥٣) ★

تۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی ئەوانا دڵگران مەبەو مەڵێ لە پاش ئەوە بۆمان ئیثبات کردن ئیتر بۆچی پرسیار ئەکەنو ، بە شێوەی خۆیان کە بۆ هێزدان بە وتاری خۆیان سوێندی لەگەڵا ئەخۆن تۆیش سوێند بخۆو بڵێ : بەڵێ ئەوەی بەیانمان کرد بۆتان قەسەم بە پەروەردگاری خۆم ! راستەو لەسەر عەنادو ئینکارەکەیشتان خودا ئازارتان ئەداو ئێوە لەوانە نین کە خودا ماندوو بکەن لە بەجێهێنانی ئەوەی بڕیاری داوە •

★ (ولَوْ اَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ ما في الاَرْضِ لافْتَدَتْ بِهِ) ★

جا بزانە ئەی خۆشەویست ئەگەر بۆ هەر نەفسێ لە نفووسی ئـەو

کافرانە کە ستەمیان لە خۆیان کردوە بـە عەناد لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا هەموو خەزێنەو دارایی عەرز بێ ئەیدا بە فیدیەی رزگاری خۆیا لە عەزاب •

★ (وأَسَرُّوا النَّدامَةَ لَمَّا رأَوُا العَذَابَ) ★

وە پڕ بە دڵی خۆیان پەشیمانی ئەخۆنەوەو پەشیمان ئەبنەوە لـەو بیرو باوەڕە نابارەو لەو کردەوە ناهەموارانە کە لە دنیادا کردوویانە لـە کاتێکدا سزای خۆیانو هاووێنەی خۆیانیان چاو پێکەوت •

★ (وقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالقِسْطِ) : ★

بەڵام ئەو پەشیمانیە لەو رۆژەدا سوودیان پێناداو حوکم ئەدرێ لە ناویانا بە عەداڵەت •

★ (وهُمْ لا يُظْلَمونَ) (٥٤) ★

وە بـە هیچ شێوەیێ ستەمیان لێ ناکرێ ؛ چونکە خـودا عادلو دادگەری راستەو تۆڵەی کردەوەیش لـە جینسی کردەوەیەو ئـەو بیرو باوەڕە ناشیرینی ئەوانەو ئەو کردەوە ناپەسەندانە ئەبێ جەزای وابێ کە ئەوان ئەیبینن •

★ (ألا إنَّ لِلهِ ما في السَّماواتِ والأَرْضِ) ★

ئاگادار بن بە راستی هەرچی وا لە ئاسمانەکاناو هەرچی وا لە عەرزا موڵکی خودایە •

★ (ألا إنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ) ★

وە ئاگادار بن کە وەعدەی خودا بە جەزای ئەوانە کە تەبلیغات کراون بە یاسای دین حەقەو راستە •

★ (ولكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمونَ) (٥٥) ★

بەڵام زۆربەی ئەوانە ئەمە نازانن •

★ (هُوَ يُحْيي ويُميتُ وإلَيْهِ تُرْجَعونَ) (٥٦) ★

خودا ئەوەندە خاوەن دەستەڵاتە مردوو زیندو ئەكاو زیندو ئەمرێنێو ئێوە بۆ لای ئەو ئەگێڕرێنەوە •

★ (یا اَيُّها النَّاسُ قَدْ جاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وشِفاءٌ لِما في الصُّدورِ وهُدىً ورَحْمَةٌ لِلمُؤْمِنينَ) (٥٧) ★

ئەی ئادەمیزاد وا بە راستی لە لایەنی خودای میهرەبانەوە كتێبێكتان بۆ هات كــە ئامۆژگارییە بۆ ئێوەو زەجرتان ئەكا لەوە كە دڵ بدەن بــە لەزەتی نەفسانی بێ دەوام وە بیبەستن بە تێكەڵی ئەو كردەوە ناشیرینانە كە تووشی رسوایی جیهانو ئازاری قیامەتتان ئەكا ، وە بە هۆی تەئثیری دەرمانی ئامۆژگارییەوە ئەبێ بە شیفاو رزگاری لەو نەخۆشینە نەفسیانە كە لە عەلاقاتی فاسیدەوە پەیدا ئەبن و جێگەگیر بوون لە ناو دڵو دەروونو سینەتانا ، وە پاش ئەوە كە شیفاتان بۆ بوو هاتنەوە سەر خۆتان هەر ئەو كیتابە ئەبێ بە هۆی هیدایەتو شارەزاكردن بۆ ئەو كەسانە كە ئامادەن بۆ ئەوە بڕۆنە ناو ریزی خاوەن ئیمانانەوە •

كەسێ نەخۆش بێ سەرزەنش ئەكرێ
لە هۆی نەخۆشی پارێزێ بگرێ
جامی دەرمانی وەهای پێ ئەدرێ
تا لەو ئازارە رزگاری بكرێ

که شیفای بۆ هات هاتەوە سەرخۆ
دێتە قازانجدان بە منو بە تۆ
چونکا نەخۆش بو چاکتر لە دوکتۆر
بوو بە دەواناس لە رەشو لە سوور
قۆڵ هەڵئەماڵێ بۆ دەرمانکردن
بۆ چاری ناساغ لە دەردی مردن

★ ★ ★

★ (قُلْ : بِفَضْلِ اللهِ وبِرَحْمَتِهِ فَبِذلِكَ فَلْيَفْرَحُوا) : ★

تۆ ئەی خۆشەویست بلێ پێیان با هەر بە فەضلو رەحمەتی خوداو بە دەوای ئایاتی قودسیو چاری نەخۆشینی نەفسی دڵیان شاد بێو کەیفیان خۆش بێ •

★ (هُو خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ) (٥٨) ★

ئەو فەزڵی خودایەو ئەو دەوایە کە هۆی شیفایە زۆر چاترە لەو داراییە کە گردی ئەکەنەوە کە لە دنیادا ئەبێ بە عارو لە پاشەڕۆژا ئەبێ بە عەزاب • لێرەدا عەزابو لەوێدا عەزاب •

★ (قُلْ : اَرَاَيْتُمْ ما اَنْزَلَ اللهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حراماً وحلالاً ، قُلْ : أَأَللهُ اَذِنَ لَكُمْ اَمْ عَلَى اللهِ تَفْتَرُونَ ؟) (٥٩) ★

ئەی خۆشەویست تۆ پێیان بلێ : ئەوان کە رێگەی ئێمە بە باش نازانن هەرچەن عالەم بانگ ئەکا بۆ رۆیشتن بە رێگەی ئیطاعەی خودادا ئەی بۆ تەماشای حاڵی خۆتان ناکەنو بۆ خەبەرمان نادەنێ لە تەقسیمی

ئەو رۆزیەدا کە خودا بۆی ناردوونەتە خوارەوە ؟ واتە ئاوی باراندوەتە خوارەوە ، گیـای رواندوە بۆ گیانلەبەران ، وە باغی پێگەیاندوە بـە میوەو بەری رەنگامەی جوانو کشتوکاڵی هێناوەتە حاصلات بۆ ژیوارو ژیان وە ماڵیاتی پێ بەخێو ئەکا بۆتان بۆ ئەوە بە شیرو ماستو دۆو رۆنو پەنیرو کەشکەکەیان قنیات بکەن وە لـە خوریو موو مەرەزو کورکو بەرگنەکەیان بەرگو پۆشاکو نوێنو رایەخو سەرین دروست بکـەن ، کەچی ئێوە لە باتی ئیستیفادەکردنو سوپاسگوزاری خودا هاتن بازێکتان حەرام کردو بازێکتان حەلاڵ کرد ئایا ئێوە خودا ئیجازەی پێدان وا بکەن یا هەر درۆ هەڵئەبەستن بە ناوی خوداوە ؟

★ (وما ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرونَ على اللهِ الكَذِبَ يَوْمَ القِيامَةِ ؟) ★

ئەوە گومانی ئەو کەسانە بە حاڵی خۆیان لە رۆژی قیامەتا چۆنە کە درۆ هەڵئەبەستن لەسەر خودا ؟ ئایا وا ئەزانن مەسئول نابن ؟

★ (إن اللهَ لَـذو فَضْلٍ عـلى النَّـاسِ ولكِـنَّ أكْثَـرَهُمْ لا يَشْكُرونَ) (٦٠) ★

بە راستی خودای تەعالا فەزڵو نیعمەتی زۆرە لەسـەر ئادەمیزاد بەلاّم زۆربەیان سوپاسی ئەو نیعمەتانەی خودا ناکەن • وە لەو نیعمەتانەیە کە زو حەقیان لێ ناسێنێ بەڵکو تەوبە بکەن •

جا ئەمجار خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەت ئەداتەوە بـەوە کە هەمو کارو بارێکی کەمو زۆر هەموو خودا ئاگادارە لەسەریانو ئەیانکا بە هۆی پایەو مایەی دنیاو قیامەتو ئەیانکا بە هۆی مەحبەتو چاودێریو تووراني کردنی دڵیو پاککردنەوەی لـە ئەحواڵی ناباری ئادەمیزادو فەرمووی :

★ (وما تَكونُ في شأْنٍ وما تَتْلوا مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ ، ولا تَعْمَلونَ مِنْ عَمَلٍ إلاّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهوداً إذْ تُفيضُونَ فيهِ) ★

واتە قەت تۆ مەشغوولی کارێ نابیو ناخوێنیتەوە لەو قورئانە کەم یا زۆر ، وە هیچ کردەوەیێ ناکەن لە رێگەی بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحیدا ئیللا ئێمە حازرو ئاگادارین لەسەری لەو کاتەدا مەشغوولی ئەبن •

★ (ومَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقالِ ذَرَّةٍ في الأرْضِ ولا في السَّماءِ) ★

وە قەت ونابیێ لە خودای تەعالا ئەندازەی مثقاڵە زەڕەیێ لە ئاسمانەکاناو لە عەرزا •

★ (ولا أصْغَرَ مِنْ ذلِكَ ولا أكْبَرَ إلاّ في كِتابٍ مُبينٍ) (٦١) ★

وە کەمتر لە مثقاڵە زەڕە نیە وە زیاترو گەورەتر لەوە نیە ئیللا وا لە ناو کتێبێکی رووناکی رۆشنخەتا کە بە رەوانی دیارەو ئەخوێنرێتەوە بۆ خاوەن چاو ؛ وە ئەو کتێبە (لوح المحفوظ)ە یا عیلمی خودایە وە ناوی بە کیتاب لەبەر تەماشاکردنی ئەوەیە کە قابیلە بنووسرێ • یا خۆی بە یاسای زمانی عەرەب (کیتابە) وە ئەو کەسانە وەها مەشغوولی فەرمانبردنی خودان ئەگەر لە پێغەمەرانیش بن بێجگە لە پایەی ریسالەتو رەهبەری هەم ئەولیاو دۆستی خوداو پایەیان وا لەم ئایەتەدا کە ئەفەرموێت :

★ (ألا إنَّ أوْلِيَاءَ اللهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ولا هُمْ يَحْزَنونَ) (٦٢) ★

ئاگادار بن ! ئەوانە کــە دۆستی خودان لەبەر ئەوە کــە وان لــە فەرمانبەرداری ئەوا حاڵیان وای لێ دێ کە نەترس‌و بیمیان لە هیچ شتێ دێ بەسەراو نە لەسەر نەمانی شتێ زویر ئەبن ؛ چونکی خۆیان‌و هەموو عەلاقەیان تەسلیم کردوە بە خودا • یاخود لە ڕۆژی قیامەتا نە ترسیان دێ بەسەرا لە سزاو نە عاجزو زویرن لــە فەوتانی شــتێ ؛ چونکی هەرچی ئارەزوو بکەن ئامادەیەو هەرچی لێی بترسن نیەو هەرچی کائینات هــەیە لــە لای ئەوانا قیمەتی نیــە • وە ئەم زاتــە گەورانە ئەوانەن کــە خودا ئەفەرموێت :

★ (الَّذِينَ آمَنوا وكانوا يَتَّقونَ) (٦٣) ★

ئەوانەن کە ئیمانیان هەیە بە خوداو پێغەمەری خــودا بە ئیمانێکی دامەزراوو حاڵیان وایە لە خودا ئەترسن‌و خۆیان ئەپارێزن لە کوفرو لە تاوان‌و لە ئیشی پەستی جیهان •

★ (لَهُمُ البُشْرى في الحياةِ الدُّنْيا وفي الآخِرَةِ) ★

بۆ ئەو دۆستانی خودایە کە خاوەن ئیمان‌و خاوەن تــەقواو پارێزن موژدە لــە ماوەی ژیانی دنیادا بــە هۆی موکاشەفاتی ڕۆحیەو ئیلهاماتی ئیلاهیەو خەوبینین بە شێوەی ئیلقای خۆشی‌و شادمانی‌و بەیانی ئەوە کە ڕزگار ئەبن لە دەردو مەینەت وە بە تایبەتی لــــە کاتی تەنگوچەڵەمەی بەسەرهاتاو لە کاتی سەرەمەرگا وەکو دەرکەوتوە بۆمان گەلێ ئینسانی موسوڵمان لە وەختی سەرەمەرگا بانگ ئەکەن لە عەلاقەدارانی : ئەوا فلاَن کەس‌و فلاَن کەس هاتن بۆ لام یانی ئەرواحی ئەصفیا دێن بۆ لایــــان‌و موژدەی خۆشیان پێ ئەدەن •

وە لە ڕۆژی قیامەتیشا فریشتەی ڕەحمەت دێن خەبەریان پێ ئەدەن کە ئێوە ئیتر ئازار نابینن‌و بە هەموو جۆرێ ڕزگار بوون •

★ (لا تَبْدِيلَ لِكَلِماتِ اللهِ) ★

جا خودا ئەفەرموێت : ئەوەی کە بڕیارمان دا بۆ ئەهلی ویلایەت واتە ئەهلی تەقواو ئیمان ڕاستەو دێتە جێ‌و گۆڕین نیە بۆ فەرموودەی خوداو بۆ ئەو شتانە کە قەراری داون •

★ (ذلكَ هُوَ الفَوْزُ العَظِيمُ) (٦٤) ★

وە گەیشتن بە پایەی موژدەوەرگرتن گەیشتنە بە مەقامێکی گەورە لە لای خودادا •

★ (ولا يَحْزُنْكَ قَوْلُهُمْ) ★

دەخیل با قسەی ئەو کافرانە کە ئەڵێن خودا نیە ، یا شەریکی هەیە ، یا محەمەد پێغەمەر نیە ، یا قورئان کەلامی خودانیە ••• تۆ زویرو دڵگران نەکا ؛ چونکی تۆ موژدەی خۆتت لە خودا وەرگرتوەو بە قسەی ئەوان کزو داماو ناکەوی •

★ (إنَّ العِزَّةَ لِلهِ جَمِيعاً) ★

سەربەرزی هەمووی موڵکی خودایە بە هەرکەسی بدا ئەیداو بەشی هەرکەس بدا کەس ناتوانێ بیگۆڕێ •

★ (هو السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٦٥) ★

خودا بیسەرە بۆ قسەی ئەوان‌و زانایە بە ڕازی دڵیان •

★ (اَلا إنَّ ِللهِ مَنْ في السَّماواتِ ومَنْ في الاَرْضِ) ★

بێدار بینەوە ! چ جای ئەوە کە عیزەتو صیفاتی بەرز بە دەستی خودایە هەموو زاتێکی عاقڵو هۆشیار کە لــە ئاسمانەکانا هەیـە لــە فریشتەکانو لە پێغەمەرەکان ، وەکو عیسای مەسیحو ئیدریس ـ بینا لەسەر ئەوە کە ئەویش وا لە ئاسمانا ـ وە هەرچی لە عەرزا هەیە وەکو پێغەمەرانو ئەولیاو دۆستانو غەیری ئەوان لە باقی مەخلووقاتی خاوەن شوعوورو فام هەمــوو موڵکی خــودان ؛ چونکە هەمووی مەخلووقی ئەونو زاتو صیفاتیان لە خوداوەیە •

★ (وما یَتَّبِعُ الَّذِینَ یَدْعونَ مِنْ دونِ الله شُرَکاءَ) ★

وە ئەو کەسانە کە غەیری خودا بانگ ئەکەنو عیبادەتی بۆ ئەکــەن تابیع نابن بۆ کەسانێ کە قیمەتو نرخێکیان بێ لە واقیعا •

★ (إنْ یَتَّبِعونَ إلاَّ الظَّنَّ وإنْ هُمْ إلاَّ یَخْرُصونَ) (٦٦) ★

ئەوان هەر تابیع ئەبن بە بازێ شتی وەهمیو تەخمینیو ئەوان هیچ نین ئیللا ئینسانێکی وەها لەسەر تەخمین ئەڕۆن •

★ (هــو الَّذي جَعَــلَ لَکُمُ اللَّیْلَ لِتَسْکُنُوا فِیهِ والنَّهارَ مُبْصِراً) ★

خودا خودایەکە کە کاتی ئێوەی کردوە بە دوو بەشەوە : بەشێکی تاریکە هەتاوی تێدا ونە بۆ ئەوە کە لـەو بەشەدا لــە هاتوچۆ بکەونو ئاسایشێ بگرنو هێزێ وەربگرن بۆ هەوڵی رزقو رۆزی ، وە بەشێکی بۆ رووناك کردوون بە هەتاو بۆ ئەوە هەموو شوێنێك دەرکەوێ بۆتانو پێویستی خۆتانی تێدا ببینن •

★ (إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ) (٦٧) ★

به راستی هه‌یه له‌م ته‌صه‌ڕوفاته‌دا گه‌لێ نیشانه بۆ گه‌وره‌یی خودا له لای ئه‌وانه که ئه‌فامن‌و ئه‌بیێن‌و گوێ رائه‌گرن بۆ ئامۆژگاری •

★ (قَالُوا : اتَّخَذَ اللهُ وَلَدًا ، سُبْحَانَهُ ! هُوَ الْغَنِيُّ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ) ★

ئه‌و کافرانه وتیان ــ به ته‌قلیدی باوك‌و باپیره بێبیره‌کانیان ــ : خودای ته‌عالا رۆڵه‌ی بۆ خۆی وه‌رگرتوه ؛ گاوره‌کان وتیان : عیسای کرد بــه کوڕی خۆی ؛ وه جووله‌که‌کان وتیان : عوزه‌یری کرد به کوڕی خۆی ؛ وه موشریکه‌کان وتیان : فریشته‌کانی کردوه به کچی خۆی ! خودا دووره له‌م ئیعتیباراته ؛ چونکی ئه‌و به راستی بێنیازه له نه‌ته‌وه‌و نه‌ته‌وه بـــۆ جێگه‌داری باوکی فه‌وتاوه‌و بۆ ده‌وامدانه به ئامانجی به‌رز •• خودا هه‌ر بودو هه‌ر ئه‌بێ ؛ به هێزو ته‌وانایه ، بێ نیازه له عاله‌م له ئه‌زه‌له‌وه تا ئه‌به‌دو هه‌موو ئاسمانان‌و عه‌رزو هه‌رچی له‌وانایه بۆ خودایه •

★ (إِنْ عِنْدَكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ بِهَذَا) ★

ده‌عوایه که دوور بێ له به‌داهه‌ته‌وه به بێ ده‌لیل ناکرێ‌و ئێوه هیچ ده‌لیلێکی به‌هێزتان لا نیه به‌م کاره‌و له‌سه‌ر ئه‌م ده‌عوایه •

★ (أَتَقُولُونَ عَلَى اللهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ؟) (٦٨) ★

ئایا ئێوه جه‌ساره‌ت ئه‌که‌ن هه‌تا بڵێن له‌سه‌ر خودای بێ نیاز شتێکی وا که خۆتان ناتوانن فامی بکه‌ن‌و نایزانن ؟

★ (قُلْ : إنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ على اللهِ الكَذِبَ لا يُفْلِحُونَ) (٦٩) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ : بە راستی ئەوانەی ئیفتیرا ئەکەن لەسەر خوداو درۆی لەسەر هەڵئەبەستن رزگار نابن لە دنیادا ؛ چونکی داواکەیان بۆ دانامەزرێو درۆکەیان لێ وەرناگیرێ ، وە لە قیامەتیشا ؛ چونکی مادام بە کافری مردن ئەوە جەزایان ئەبێ بدرێتەوە •

★ (مَتاعٌ في الدُّنْيا ثُمَّ إلَيْنا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ العَذابَ الشَّدِيدَ بِما كانُوا يَكْفُرُونَ) (٧٠) ★

خۆشیو رابواردنی کەمیان هەیە لە دنیادا وە لە پاشان هەموو دێنەوە بۆ لای من ، وە بۆ لای ئێمەیە هاتنەوەی ئەوانو لە دواییدا ئازاری ناباریان پێ ئەچێژین بە هۆی ئەو کوفرەوە ئەیانکرد •

★ (واتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نوحٍ إذْ قالَ لِقَوْمِهِ : يا قَوْمِ إنْ كانَ كَبُرَ عَلَيْكُمْ مَقامِي وتَذْكِيرِي بِآياتِ اللهِ ، فَعَلَى اللهِ تَوَكَّلْتُ ، فَأَجْمِعُوا أمْرَكُمْ وشُرَكاءَكُمْ ثُمَّ لا يَكُنْ أمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُوا إلَيَّ ولا تُنْظِرُونِ) (٧١) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بخوێنەرەوە بەسەر ئەو کافرانەدا باسی پێغەمەری خاوەن هیممەتو خاوەن عەزم (نوح) کە یەکە پێغەمەرێکی ناودار بو لە پاش ئیدریس لە (جزيرة العرب)او ساکین بو لە لای باکووریەوە لەو کاتەدا کە رەوانەمان کرد بۆ سەر ئادەمیزادی ئەو وڵاتەو فەرمووی بە گەلەکەی : بێن خودا بپەرستنو لەبتپەرستی دووربکەونەوە • ئەوانیش ئیطاعەیان نەکردو نوح پێی فەرموون : مادام ئەم دەعوەتو ئیرشادی منە لەسەر شانی ئێوە قورسەو لەسەر دڵتان

گرانه مانه‌وه‌م له ناوتاناو ئامۆژگاری کردتتان بـه خوێندنه‌وه‌ی ئایـاتی خـودا به‌سه‌رتاناو ئه‌تانه‌وێ دوژمنایه‌تیم بکـه‌نو برۆن بـه گژما ئـه‌وه بزانن من هه‌ر له‌سه‌ر خودا ئیعتیمادو ته‌وه‌کول ئه‌که‌م‌و بێن ئیشی خۆتان گردبکه‌نه‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌و بتانه‌دا که به شه‌ریکی خودایان دائه‌نێن وه لـه پاشان با ئیشه‌که‌تان به شێوه‌ی په‌نامه‌کی نه‌بێ له‌سه‌رتان وه هه‌موو خه‌به‌ر بده‌ن به یه‌کتر که چی ئه‌که‌ن ، له پاشان هه‌موو به جارێ بێن بۆ سه‌ر من بۆ کوشتن‌و له‌ناوبردنم‌و مۆڵه‌تم مه‌ده‌ن •

★ (فَاِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ اَجْرٍ إِنْ اَجْرِيَ إِلاَّ على اللهِ وَاُمِرْتُ اَنْ اَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ) (٧٢) ★

جا پاش ئه‌وه که هه‌ر شتێکتان له ده‌ست هات به‌جێتان هێنـا ئه‌گه‌ر زاڵ بوون به‌سه‌ر من‌و ده‌سته‌که‌ماو ئێمه‌تان فه‌وتاند ئه‌وا خۆتان رزگار کرد ؛ وه ئه‌گه‌ر موسوڵمان بوون ئه‌وه ئه‌نجام پیرۆزیه بۆ خـۆتان ، وه ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که نه‌تانتوانی ئێمه بفه‌وتێنن‌و موسوڵمانیش نه‌بوون هه‌ر پشتتان هه‌ڵکردو دووركه‌وتنه‌وه له من ئه‌وه من هیچ زیانێ ناکه‌م ؛ چونکی من داوای هیچ ده‌ست‌و ده‌هه‌نده‌یێ یا مزدو تۆڵه‌یه‌کم له ئێـوه نه‌کردوه‌و تۆڵه‌ی من له‌سه‌ر خودایه‌و رو ئه‌که‌مه‌وه لای ئه‌و ، وه مه‌شغووڵی فه‌رمانبه‌ری خودای خۆم ئه‌بم‌و ئه‌مرم پێ‌کراوه که له‌وانه بم ملیان راکێشاوه بۆ خوداو موسوڵمان بوون •

★ (فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَنْ مَعَـهُ فِي الْفُلْكِ ، وَجَعَلْنَاهُمْ خَلائِفَ وَاَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ، فَانْظُـرْ كَيْفَ كَـانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ) (٧٣) ★

جا ئەو قەومە هیچ زیانێکیان پێ نەدرا لـــە نوحو موسوڵمانیش نەبوونو دەوامیان کرد لەسەر ئینکارو تەکذیب جا فەرمانمان دا بە نوح (کەشتی)یەکی دروستکرد بۆ خۆیو ئەتباعەکەیو فەرمانمان دا بـە ئاسمان بارانی بـە خورزمی رژاند بەسەر وڵاتاو وتمان بـە عـەرز هـەتا ئاوی ناوخۆی بخاتە سەرەوە تا بە جارێ ئاو لـە هەموو دەشتو دەرو کەژو کێوو هەردەیەکەوە سەری کردو عەرز ون بو لە ئاواو ئەمرمان دا بە نوح تا خۆیو دەستەو دایەرەو گیانلەبەران لە هـــەر نەوعێ جووتێ هەڵبگرێو هەموو لەسەر فەرمانی من رەفتاریان کرد جا نوحو دەستەو بەستەکەیمان رزگار کرد لە (تۆفان)و دوژمنەکانمان لە ئاوا خنکانـدو دەستەی نوحمان کرد بە پاشماوەو جێنشینی وەجاخی ئادەمیزادو جیهانی تازەمان پێکەوە نا وە ئەوانە کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆدا ئەخستەوە غەرقمان کرد ، بڕوانە چۆن بو ئەنجامی ئەوانە کە ترسێنران لە سزای خـــوداو موبالاتیان نەکرد هەتا خودا وادەی خۆی بەجێهێنا بە رزگاری دۆستانو فەوتاندنی دوژمنان •

★ (ثُمَّ بَعَثْنا مِنْ بَعْدِهِ رُسُلاً إلى قَوْمِهِمْ فَجاؤُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ فَما كانُوا لِيُؤْمِنُوا بِما كَذَّبُوا بِهِ مِنْ قَبْلُ ، كَذلِكَ نَطْبَعُ على قُلوبِ المُعْتَدِينَ) (٧٤) ★

لە پاش ئەو کارەساتە هات بەسەر قەومی نوحداو لە پاش ئەوە کە نوح ماوەیێ لەگەڵ دەستەکەیا دەوامی کـــردو پاش وەفاتی ئـــەوو دوورکەوتنەوەی عەهـــدی ریسالەتو ئیحتیاجی ئادەمیزاد بـــە ناردنی رەهبەران •• چەن پێغەمەرێکمان بەرو دوا ناردن بۆ لای قەومەکانیان ، واتە : هودمان نارد بۆ لای قەومی عاد لە وڵاتی یەمەندا لەو خاکە نەرمە

حاصڵخێزەدا . وە صالحمان پاش ئەو نارد بۆ سەر قەومی ثەمود لە بەینی حیجازو شاما ، واتە لە ئەردەنو ئەترافی ئەردەندا ، وە ئیبراهیمو لوطی برازای بۆ لای ئەهلی فەلەسطینو ئەترافی ئەو ولاتە ئەوانیش هەرکام لە کاتی خۆیا هاتن بۆ لای گەلەکانیان بە موعجیزاتو ئایاتی خوداوەو ئـەو گەلانەیش ئەوەندە دوورکەوتبوونەوە لە خوداو لە دینپەرستی هەر لەوانە نەبوون ئیمان بێنن بەو خودا تەنهایە کە لە پێشا پێشینانەکەیان باوەڕیان پێ‌نەکردبوون ئەوەندە دڵیان رەش بووبووەوە وە ئێمەیش ئاوەها مـۆر دائەنێین بەسەر دەرگای دڵی ئەو کافرانەدا کە زۆر لە رێگە لائـەدەنو تەجاوز ئەکەن لەسەر حودوودی خودای پەروەردگار .

وە لە پاش ئیبراهیمو لوط ، ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو یوسفو ئەییوبو شوعەیبمان رەوانە کرد هەرکام بۆ قەومێ ؛ ئیسماعیلمان نارد بۆ سەر عەرەب لە ولاتی حجیازاو ئیسحاقو یەعقووبمان نارد بۆ سـەر ئەو قەومە کە ئیبراهیم لە ناویانا بو ، وە یوسفمان نارد بۆ گەلی (ئەقباط)و بەنی ئیسرائیلو ، ئەیوبمان نارد بۆ سەر بەنی‌ئیسرائیلو . شوعەیب بۆ ئەهلی مەدیەن .

★ (ثُمَّ بَعَثْنا مِنْ بَعْدِهِمْ موسى وهارونَ إلى فِرْعَوْنَ وَمَلَإِهِ بِآياتِنا) : ★

پاش زەمانی ئەوان موساو هاروتمان رەوانە کرد بۆ سەر فیرعەونو کۆمەڵەکەی بە تۆ نیشانە گەورەکانمانەوەو بانگیان کرد بۆ ئیمانهێنان بە خودای تاکی بێ نیازی بێ باك .

★ (فاستَكْبَروا وكانوا قَوْماً مُجْرِمينَ) (٧٥) ★

ئەوانیش ئیمانیان نەهێنا لەبەر ئەوە خۆیان بە گەورەتر لەوە دانا کە فەرمانی خوداو پێغەمەرانی وەربگرن وە کۆمەڵەیەکی تاوانبار بوون •

★ (فَلَمَّا جاءَهُمُ الحَقُّ مِنْ عِنْدِنا قالوا : إنَّ هذا لَسِحْرٌ مُبينٌ) (٧٦) ★

جا کاتێ موعجیزەی من بــه شێوەی واقیعی گەیشت بەوانو تێگەیشتن دانیان نەنا بەوەدا کە ئەوە موعجیزەیە لە لای منەوە ئیظهار کراوە بۆ ئیثباتی ریسالەتی موساو هارون بەڵکو وتیان : بە راستی ئەم موعجیزەیە وەکو بوونی داری دەستی بـه مارو ، پڕتەودانەوەی دەستی موسا وەکو چرای پڕتەودار •• جادوەو شتێکە بە دیمەن وایە ، ئەنسا حەقیقەتی نیە ، واتە لەبەر سووکی زانستیان حەقیان لێ گۆڕا بە ناحەق •

★ (قالَ موسى : اَتَقولونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جاءَكُمْ اَسِحْرٌ هذا ؟! ولا يُفْلِحُ الساحِرونَ) (٧٧) ★

جا حەزرەتی موسا بە ئیستیفهامی ئینکاریو لۆمەی دیاری فەرمووی پێیان : ئایا ئێوە ئەونە سەر لێشێواون بەو حەقەی کە لە لایەنی خوداوە دێت بۆتان باوەڕ ناکەنو بە پرسیار ئەڵێن : ئایـا ئەمـە جادوە ؟! لەگەڵ ئەوەدا جادووگەران قـەت رزگار نابنو پێغەمەرانی خــودا رەهبەری راستنو رزگارن •

★ (قالوا : اَجِئْتَنا لِتَلْفِتَنا عَمَّا وَجَدْنا عَلَيْهِ آباءَنا وتَكونَ لَكُما الكِبْرِياءُ في الاَرْضِ ؟) ★

وتیان : ئەی موسا ئایا تۆ لەگەڵ براکەتا هاتووی بۆ لامان بـۆ

ئەوە هەڵمان‌سووڕێنی لەو بیرو باوەڕە کە ئێمـــە لەسەری دامەزراوین‌و باوك‌و باپیرەی خۆمانمان دەستکەوتوە لەسەری‌و ئێمە کز بکەی وە لە ئاینی خۆمان لامان بدەی‌و بمان‌کەی بە پەیڕەوانی خۆتان‌و قیادەو زەمام‌و رشتەی سەرۆکی‌و پایەداری هەر بۆ خۆتان بێت •

★ (وما نَحْنُ لَكُما بِمُؤْمِنِينَ) (٧٨) ★

وەلحاڵ ئێمە قەت بۆ تۆ ئیمان ناهێنین ، واتـه نابین بـــه بچووك‌و پەیڕەوی تۆ ، وە یا لەبەر قسەی تۆ ئیمان بە خودای تەنیا ناهێنین •

★ (وقالَ فِرْعَوْنُ : ائْتونِي بِكُلِّ ساحِرٍ عَلِيمٍ) (٧٩) ★

وە فیرعەون فەرمانی دا بە وەزیری کارو دەست‌و دائیرەی دەربار : بڕۆن هەر جادووگەرێکی فەننان‌و زانا هەیە لە وڵاتی میصردا بیان‌هێنن بۆ لام •

★ (فلمَّـا جـاءَ السَّحَرَةُ قـالَ لَهُمْ موسى : ألْقُوا ما أنْتُمْ مُلْقُونَ) (٨٠) ★

کاتێ جادووگەرەکان هاتن‌و لە لایا حازر بوون موسا فەرمووی : دەی ئەوەی فڕەی ئەدەن فڕەی بدەن ! واتا هەرچیتان لەدەست دێ بیکەن !

★ (فلَمَّا ألْقَوْا ، قالَ موسى : ما جِئْتُمْ بِهِ السِّحْرُ) ★

جا کاتێ کە جادووگەرەکان جادووی خۆیان دەرکردو نیشـــانی میللەتیان دا •• موسا (د) زانی بەوە کە ئەو کارانە بازێ شتی رووکەش‌و بێ‌بایەخ‌و بێ‌نرخن ، وە فەرمووی : ئەوەی کە ئێوە کردتان ئەوەیە جادووە نەك ئەوەی کە فیرعەون بە جادووی دانا وەك موعجیزەی خودای تەعالا کە دای بە ئێمە •

★ (إِنَّ اللهَ سَيُبْطِلُهُ) : ★

وە بە راستی خودای تەعالا تێکی ئەداو لەبەر موعجیزەی خۆیدا کزیەن ئەکا •

★ (إِنَّ اللهَ لا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ) (٨١) ★

بە راستی خودای تەعالا کاری نابـاری ساختەکاران تەئیید ناکاو یارمەتییان نادا •

★ (ويُحِقُّ اللهُ الحَقَّ بِكَلِماتِهِ ولَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمونَ) (٨٢) ★

وە ئەوەی کە حەق بێو واقیعی بێ خودا هێزی پێ ئەداو تەئییدی ئەکا بە موعجیزاتی خۆی ؛ وە یا ئەو کارە کە موعجیزە بێ لـە لایـەنی خوداوە تەئییدی ئەکاو لــە لای خەڵکی جیهان بــە تەئثیری خـۆی دائەمەزرێنێ هەرچەن تاوانبارەکان پێیان ناخۆش بێ •

★ (فَما آمَنَ لِموسى إلاَّ ذُرِّيَّةٌ مِنْ قَوْمِهِ على خَوْفٍ مِنْ فِرْعَوْنَ وَمَلَائِهِمْ انْ يَفْتِنَهُمْ) : ★

جا لەگەڵ ئەوەدا کە موعجیزەی موسا سەرکەوتو عاساکەی موسا (د) بوو بە مارێکی ئەژدەهای گەورەو هەرچی جادووی جادووگەرەکان بوو قووتی دا کەس ئیمانی نەهێنا بە موساو نەکەوتە شوێنی کۆمەڵێ نەبێ لە جوانانی بەنی ئیسرائیل لە ترسی فیرعەونو کۆمەڵە زەبانیەکەی مەبادا گیرۆدەی سزاو ئازاری ناهەمواریان بکەن •

★ (وإِنَّ فِرْعَــوْنَ لَعــالٍ في الأرْضِ وإِنَّــهُ لَمِــنَ الْمُسْرِفِينَ) (٨٣) ★

وە حەقیان بوو بترسن ؛ چونکە بە راستی فیرعەون زۆر دەست رۆیشتوو بوو لە ولاتاو بە راستی لەوانە بو کە لە حەدی عادەت لای دا لە بیرو باوەڕدا لەبەر ئەوە کە داوای خودایی ئەکردو ، لە سیاسەتا ؛ چونکی چوارمێخەی خەڵکی ئەکێشایەوە ، وە لە ئیدارەدا ؛ چونکی ئیستیبدادی کردبو بە یاسای خۆی .

★ (وَقَالَ مُوسَى : يَا قَوْمِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُسْلِمِينَ) (٨٤) ★

وە کاتێ کە موسا تەماشای کرد موسوڵمانەکانی گەلەکەی کەوتنە ئازارو ترس لە دەستەی فیرعەون .. فەرمووی پێیان : ئەی کۆمەڵی من ئەگەر ئیماتتان هێناوە بە خودای پەروەردگارو بە تەواناپی ئەو دەی هەر لە سەر ئەو ئیعتیماد بدەنو پاڵ بە یارمەتی ئەوەوە بدەن ئەگەر بە راستی ملتان بۆ خودای تەعالا راکێشاوە .

★ (فَقَالُوا : عَلَى اللهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٨٥) ★

ئەوانیش وتیان : هەر لەسەر خودا ئیعتیمادو تەوەکولمان هەیەو پاڕانەوەو وتیان : ئەی خودای پەروەردگاری ئێمە مەمانکە بە جێگەی فیتنەو دڵتێکچوون لە ئیمان لەبەر دەستی ئەو کۆمەڵە ستەمکارانەدا .

★ (وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) (٨٦) ★

وە رزگارمان بکە بە میهرەبانی خۆت لەو کۆمەڵە کافرە خودا نەناسە .

★ (واَوْحَیْنا إلى موسى واَخیهِ : اَنْ تَبوَّءآ لِقَوْمِکُما بِمِصْرَ بُیوتاً ، واجْعَلوا بُیوتَکُمْ قِبْلَةً ، واَقیموا الصَّلاةَ وبَشِّرِ المُؤْمِنینَ) (٨٧) ★

جا پاش ئەوە کە حەزرەتی موساو هارون ریسالەتی خۆیان دەربڕیو موعجیزەیان نیشانداو زاڵبوون بەسەر جادووگەرەکانا فیرعەون کەوتە بەکارهێنانی قەساوەتو ستەمکاری بەرابەر بە بەنیئیسرائیلو هەڕەشەی لێکردن : نابێ گردبینەوە لە شوێنێکدا بۆ عیبادەتکردن نەکا بـە ناوی عیبادەتکردنەوە گردبینەوەو لەناو خۆتانا باسی خۆبووتتان بکەنو بەنی ئیسرائیلیەکان لەم روەوە کەوتنە تەنگیەوە لێرەدا حەزرەتی موساو هارون خودا وەحی بۆ کردنو فەرمووی پێیان : کە قەومەکەی خۆتان دابمەزرێنن لە چەن خانوویەکداو نەفسی ئەو خانوانە وا دروست بکەن کە بەرەو قیبلە بن جا نوێژەکاتتان بکەن بەرەو (قدس) کە شوێنی ئیسحاقو یەعقووب بوەو ، موژدە بدە بە خاوەن ئیمانەکان کە بە هۆی دەوام لەسەر عیبادەتی خوداوە رزگار ئەبن لە ستەمی فیرعەون •

بزانن ! لەم ئایەتەدا گەلێ مەعنـاو تەفسیر بەیـان کراوە ، وە ئـەم مەعنایە کە من نووسیم موافیقی فەرموودەیْ عالمە بەرزەکانە ؛ چونکی بەنی ئیسرائیلیەکان لەو چەرخەدا هەموویان خاوەن ماڵ بوونو مەعبەدیشیان بوە کە بە جەماعەت گردبینەوە تیایا • بەس ئەوەندە هەیە لەو چەرخەدا لە ترسی دەستەی فیرعەون نەیانئەتوانی لە مەعبەدی مەشهوورا گردبینەوە ، جا خودا وەحی کرد بۆ موساو هارون کە هەرکەسێ لەو خاوەن ماڵانـە هۆدەیێ بە دەم ماڵەکەیەوە بکاتەوە وە یا هۆدەیێ لە ماڵەکەی جیابکاتەوە بۆ عیبادەتو وایان دروست بکەن کە روویـان لـــە قیبلـە بێ ، لەبەر

بەجێهێنانی عیبادەت لەگەڵ ئادابی قودسیەتیا ، ئەوانیش ئەمەیان کردو تەرکی هاتوچۆی عیبادەتخانەی گەورەیان کرد .

★ (وقالَ موسى : ربَّنَا إنَّكَ آتَيْتَ فِرْعونَ ومَلأَهُ زِينَةً وأَمْوالاً في الحياةِ الدُّنْيا ، ربَّنا لِيُضِلّوا عَنْ سَبِيلِكَ ، رَبَّنا اطْمِسْ على أَمْوالِهِمْ ، واشْدُدْ على قُلوبِهِمْ فَلا يُؤْمِنوا حَتّى يَرَوُا العَذَابَ الأَلِيمَ) (٨٨) ★

کاتێ کە موساو هارون ئاگادار بوون لەسەر ستەمکاریو دەماری فیرعەونو دەستەکەی زۆر دڵیان داگیرساو قاری کردو بە دڵ پاڕانەوەو موسا فەرمووی : ئەی پەروەردگار تۆ دیمەنو ئارایشێکی زۆرت داوە بە فیرعەونو دەستەکەی لە : بەرگی نایابو لە کەمەربەندی بە نرخو ، ئەسپی چالاكو ، داراییەکی زۆریشت پێداون لـــە : پارەی نەختو ، کشتوکاڵو ، باخوبێستانو ، تیجارەتو ، باخچەو تەخت .. بۆ رابواردنی ژیانی دنیایانو تۆ ئەمەت بۆ ئەوە پێداون کە رێگەی موافیقی عەقـڵو هۆشی سالمو ئەخلاقو خوو رەوشتی بەرز بگرن ، کەچی ئەونە بەدبەختو سیاچارەن کە رێگەی بیرو باوەڕی تاریكو کردەوەی ناشیرینیان وەرگرتوە (کأنە) تۆ ئەم ماڵەو ئەو مەقامەت لەبەر ئەوە پێداون کە خۆیان گومڕاهـ بنو خەڵکیش گومراه بکەنو لە رێگەی دامەزراوی راستی تۆ لایـان بدەن . جا مادام ئەوان وەها ناسوپاس بوون پەروەردگارا تۆیش داراییو ماڵەکەیان (طمس) بکەو مەحوی بکەرەوەو بیفەوتێنەو ، دڵیان ببەستە با هەناسەی ئاسایشو گوشایش نەڕواتە ناوی هەتا وەها دڵیان رەش ببێتەوە

بە بێ هێزی بەرچاوکەوتنی سزایەکی نابار ئیمان نەیەنن ، هەرچەن لەو کاتەدا ئیمان سوودی نیە ، وە لەو کاتەدا کە حەزرەتی موسا ئەم دۆعایانەی ئەکرد حەزرەتی هاروونی برای ئامینی لەسەر دۆعاکان ئەکرد •

★ (قالَ : قدْ اُجِيبَتْ دَعْوَتُكُما فاسْتَقِيما ولا تَتَّبِعانِّ سَبِيلَ الَّذينَ لا يَعْلمُونَ) (٨٩) ★

جا خودا وەحی بۆ کردن‌و فەرمووی : وا بە راستی دۆعاکەتان قەبووڵ کرا ، دەی ئێوە هەروا وەکو دەوامتان کردوە دەوام بکەن لەسەر کاری خۆتان‌و بەنی‌ئیسرائیل بانگ بکەن بۆ لای خوداو هەرگیز مەکەونە شوێن ئەوانە کە ئیمان ناهێنن بە خودای خۆیان •

★ (وجاوَزْنا بِبَني إسرائيلَ البَحْرَ فَاَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وجُنودُهُ بَغْياً وعَدْواً) ★

جا ئەمرمان کرد بە موسا کە خۆی‌و هارونی برای لەگەڵ بەنی‌ئیسرائیلدا لەو شارە دەرچن وە فیعلەن هەموو دەرچوون‌و رامان‌بواردن لە دەریای نیل‌و ئاوی نیل بۆیان بو بە دەشتی ساراو ، کاتێ کە فیرعەون‌و دەستەکەی بەم پەڕینەوەیان زانی خۆی‌و سوپاکەی کەوتنە شوێن موساو هارون‌و بەنی‌ئیسرائیلەکان بۆ ئەوە کە پێیان بگەن‌و ستەمیان لێ‌بکەن‌و تەجاوز بکەن لەسەریان بە کوشتنیان یا بیانگێڕنەوە بۆ میصر بۆ ئەوە خزمەتی خۆیانیان پێ بکەن وەکو بەندە ، جا لەبەر ئەوە خودا ئەم کارەی بۆ ئەوە رێکخست کە فیرعەون لەناو بەرێ بە خۆی‌و دەستەو بەستەکەیەوە لە ئاوی نیلدا خنکاندنی •

★ (حَتَّى إذا أدْرَكَهُ الغَرَقُ قالَ : آمَنْتُ أنَّهُ لا إلهَ إلاّ الّذي آمَنَتْ بِهِ بَنو إسْرائيلَ) ★

لەو کاتە تەنگەدا کە ئاوەکە ئەوو دەستەکەی داگیر کردو خەریك بوون بخنکێن‌و گیانیان دەربچێ •• فیرعەون وتی : ئیمانم هێنا بەو کەسەو بەو خودایە کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئیمانیان پێ هێناوەو هیچ خودایێ نیە ئەو نەبێ •

★ (وأنا مِنَ المُسْلِمِينَ) (٩٠) ★

وە من لەو کەسانەم کە فەرمانبەردارن‌و ملیان راکێشاوە بۆ ئیطاعەی خودای بەنی‌ئیسرائیل •

★ (الآنَ وقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وكُنْتَ مِنَ المُفْسِدِينَ ؟!) (٩١) ★

جا خودا فەرمووی بە موساو هارون : من ئەو تەسلیمە قەبووڵ ناکەم لە حاڵی ناچاریدا ، ئایا ئیستە ئیمان دێنی لەم ناعیلاجیەدا ؟!

★ (فاليَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً) ★

واتە جا ئیمرۆ هەرچەن ئەم دەریا وە یا ئەم رووبارە گەورە لەوانەیە گەلێ شتی گەورەی تێدا ون ببێ بەڵام ئێمە تۆ رزگار ئەکەین لە ون‌بوون‌و ئەتخەینە سەر (نەجوە)یێ واتە (ناوڕەوان) یا (کورگە) هەتا لەشەکەت بناسرێ‌و ئەم کارەساتە کە هات بەسەر تۆدا ببێ بە نیشانە لەسەر گەورەیی‌و تەوانایی من بۆ ئەوانە کە لە پاش زەمانی ئێوەدا ئەبن •

وە یاخود ناسراوی لەشەکەت‌و راگرتنی بە هۆی دەرمانەوە ئەبێ بە دەلیل بۆ پاشکەوتوان لەسەر وجوودی تۆو ستەمکاریت‌و فەوتان‌و نەمانتان لەسەر تەختی پایەداری خۆتان •

★ (وإنَّ كَثيراً مِنَ النَّاسِ عَنْ آياتِنا لَغافِلُونَ) (٩٢) ★

وە بـــە راستی گەلێ لـــە ئادەمیزاد لە تەماشاکردنو عیبرەتو پەندوەرگرتن لە کارەکانی من غافڵو بێهۆشنو فەرامۆشکارن •

★ (ولَقَدْ بَوَّأْنا بَني إسرائيلَ مُبَوَّءَ صِدْقٍ ورزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّباتِ فما اخْتَلَفُوا حتَّى جاءَهُمُ العِلْمُ) ★

بە راستی ئێمە بەنیئیسرائیلمان دانا لە قەرارگایەکی بەرزی بەڕێزا کە هەرکەس تاریفی بکردایە راستی ئەکردو رۆزیمان پێدان لە خواردەمەنی دڵخوازی پەسەند کەچی ئەوان لە بیرو باوەڕاو لە کردەوە باشەکانا نەهاتن بەیەکاو تێك نەچوون هەتا کاتێ کە عیلمو زانستی راستیان دەستکەوت واتە لەو کاتەدا کە بوون بە زانیار ئەبوو هۆشـــیار بنو سوپاسگوزاری خودای گەورە بن کەچی لەو کاتەدا دایانە دواوەو تێکچوونو لـە دین لایان دا •

★ (إنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ فِي ما كانُوا فِيهِ يَخْتَلِفونَ) (٩٣) ★

بە راستی خودای تۆ حوکم ئەدا لە بەینیاناو تاوانبارو بێ تاوان جیا ئەکاتەوەو هەر یەکێ لەوانە ئەگەیەنێ بە جەزای خۆی بەرامبەر بەو بیرو باوەڕانەو ئەو کردەوانە کە ئیختیلافیان بوە تیایانا •

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە کورتی ئەحواڵی بەنیئیسرائیل نیشـــان ئەدا ؛ چونکی گەلێ کاتی وایان بەسەرا هاتوە زۆر داماو بوونو نەزان بوون پاش ئەوە خودا رزگاری کردن لە نەزانی بۆ زانستو لە داماوی بۆ بەرزی ئەوسا لە حوکمی خودا لایانداوە وەکو لادانیان لە تەوحیدو خواپەرستی

بۆ گوێره‌كه‌په‌رستی پاش رزگاربوونیان له‌ فیرعه‌ونو وه‌كو ده‌رچوونیان له‌ حوكمی پێغه‌مه‌ره‌كانی خۆیان له‌ زه‌مانی موسادا له‌ ته‌یهداو وه‌كو لادانیان له‌ زه‌مانی پێش جه‌نگی به‌خته‌نه‌صرداو لادانیان له‌ زه‌مانی حه‌زره‌تا ـد ـ •

جا خودای ته‌عالا به‌ شێوه‌ی خیطاب له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تا ـد ـ وه‌ مه‌به‌ست ئه‌و كه‌سانه‌ بێ كه‌ دڵیان دانه‌مه‌زراوه‌ له‌سه‌ر باوه‌ڕ به‌ قورئان فه‌رمووی :

★ (فَإِنْ كُنْتَ فِي شَكٍّ مِمَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَؤُونَ الكِتَابَ مِنْ قَبْلِكَ) ★

ئه‌گه‌ر تۆ وای له‌ شكدا له‌ راستی ئه‌وه‌ی كه‌ ناردوومانه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆ لای تۆ ده‌ی پرسیار بكه‌ له‌و پیاوه‌ راستانه‌ی وا كه‌ كتێبی ئاسمانییان بۆ هاتوه‌و خوێندوویانه‌ته‌وه‌و ئه‌یخوێننه‌وه‌ هه‌تا باش حاڵی ببی كه‌ ئه‌م قورئانه‌ راسته‌و حه‌قه‌و له‌گه‌ڵ كتێبه‌ پێشوه‌كانا هاوقه‌ولن له‌ ئیمان به‌خوداو پێغه‌مه‌رانو رۆژی قیامه‌تو جه‌زای كرده‌وه‌دا •

★ (لَقَدْ جاءَكَ الحَقُّ مِنْ ربِّكَ) ★

قه‌سه‌م ئه‌خۆم كه‌ حه‌قو ئه‌حكامی واقیعی هاتوه‌ بۆ لای تۆ له‌ لای خودای خۆته‌وه‌ •

★ (فَلا تَكُونَنَّ مِنَ المُمْتَرِينَ) (٩٤) ★

ئیتر قه‌ت له‌وانه‌ مه‌به‌ كه‌ له‌م بابه‌ته‌دا وان له‌ شكدا • هه‌روا له‌سه‌ر ئه‌م شێوه‌یه‌ خیطاب له‌ ئایه‌تی :

★ (ولا تَكُونَنَّ مِنَ الَّذِينَ كَذَّبوا بِآياتِ اللهِ فتَكُونَ مِنَ الخَاسِرِينَ) (٩٥) ★

وە تۆ لەوانە مەبە کـە باوەڕیان نەکردوە بـە ئایاتی خودا هەتا ببی بەوانە کە لە ژیانی خۆیانا زیانیان کردوە •

★ (إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ) (٩٦) ★

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە کەلیمەی عەزاب دامەزراوە لەسەریان • واتە بڕیار دراوە کە سزا بدرێن لەبەر بەدکاری خۆیان •• ئەوانە ئیمان ناهێنن •

★ (وَلَوْ جاءَتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّى يَرَوُا الْعَذابَ الأَلِيمَ) (٩٧) ★

هەرچەن کە هەر ئایەتێ هەیە موناسبی حاڵی ئەوان بێتە خوارەوە بۆ ئامۆژگاری ئەوان هەر ئیمان نایەنن هەتا بە چاوی خۆیان سزای ناباری ناهەموار ئەبینن •

★ (فَلَوْلا كانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَها إِيمانُها ـ إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا ـ كَشَفْنا عَنْهُمْ عَذابَ الْخِزْيِ فِي الْحَياةِ الدُّنْيا وَمَتَّعْناهُمْ إِلى حِينٍ) (٩٨) ★

ئەوە بۆچی هیچ ئەهلی دینێ نەبو کە ئیمان بێنێو ئیمانەکەی سوودی پێبدا ئیللا کۆمەڵەکەی حەزرەتی یونس نەبێ ئەوان کاتێ ئیمانیان هێنا ئەو عەزابەی کە هۆی رسوایی دنیا بوو لامان برد لەسەریانو پاش ئەوەیش خاوەن بەشو بارەم کردن بە خۆشی تا ماوەیێ ؟

واتە : هیچ قەومێ لە ئەهلی ولاتە تاوانبارەکان لە کاتی ئیستیحقاقی عەزابا ئیمانیان نەهێنا بـە نەوعێ ببێ بـە هۆی دەفعی ئەو عەزابە قەومی یونس نەبێ ، ئەوان لـەو کاتەدا کە نزیك بو سزا داباریێ بەسەریانا لـە تاوانباری پەشیمان بوونەوەو تەوبەیان کردو خودای تەعالا بە میهرەبانی

خۆی تەوبەکەی لێ قەبوونٚ کردنو سزاکەی نەنارد بۆیانو بە ئاسایش ژیان تا ماوەی خۆی •

ریوایەت کراوە : کـە حەزرەتی یونس ـدـ مەشهوورە بـە یونسی کوڕی (مەتی) کـە مەتی ناوی دایکی بوە لە پێغەمەرانی بەنیئیسرائیل بوەو لە کاتی (طوائف الملوك)دا لە پاش وەفاتی ئەسکەندەری رۆمی کە سێصەدو سی ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسـا دنیای داگرتوەو لـە پێش لەدایکبوونی عیسادا ـدـ خودای تەعالا رەوانەی کردوە بۆ لای ئـەهی (نەینەوا) کـە بەشی خۆرهـەلآتی شـاری موصلی ئیسرۆیە ، ئەوانیش باوەڕیان پێنەکردو حەزرەتی یونس لە لایەنی خوداوە وادەی دا بە سزاو ترساندنی لە رۆژێکی تایبەتیدا . وە لەو رۆژەدا کە لە ئاسمانەوە نیشانەی قاری خودا پەیدا بوو تـەمو هەورو تۆز دنیای داگرت حەزرەتی یونس عەقیدەی هاتەسەر ئەوە کە سزا دێتەخوارەوە بۆ سەر ئەو قەومە ؛ بـە حاڵەتێکی عاجزیو قار لەو قەومە کە ئیمانیان نەهێنا . وە عەزاب هـات بۆیان ، لەو شوێنە درچوو رووی کردە روباری گەورەی (دجلە)و سواری کەشتی بو . وە لـە کاتی تایبـەتیدا کەشتیەکە وەستاو کەشتیوانەکەیش لەسەر بەراوردی خۆیان بڕیاری دا کە ئینسانێکی تاوانبار ـ واتە بەندەیەکی لە سەید راکردو ـ وا لەو کەشتیەداو پێویستە بخرێتە ناو ئەو دەریاوە ، کاتێ قورعەیان خست بە ناوی (یونس)ەوە دەرچو وە یونسیان خسـتە ناو دەریاکەوە . بە ئەمری خودا (حووت)ێ لە دەریادا بوو قووتی داو حەزرەتی یونس لە پەرێشانی خۆیدا هێشتا بە گەرمایی ناوسکی ماسیەکە نەسووتابو هاواری کرد لە خوداو پاڕایەوەو فەرمووی : (لا اله الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين) •

بە ئەمری خودا حووتەکە لووتی بردە نزیکی قەراخی دەجلەو یونسی فڕەدایە دەرەوە ، ئەویش بــە نیوەگیانێکەوە خۆی راکێشا بۆ وشکانو راکشاو خودای تەعالا داری کوولەکەی لەسەر رواندو لە سێبەری ئەو دارەدا مایەوە هەتا لەشی هاتەوە سەر خۆی •

لەولایشەوە قەومەکەی کاتێ چاویان کەوت بەو هەورو تەمو تۆزو پەرێشانیە هەموو حاڵی بوون ئەمە سزایەو لەسەر وەعدەکەی یونس دێتە خوارەوەو گەڕان بە شوێنیا نەیاندۆزیەوەو خۆیان هەموو پیرو جوانو منداڵ گردبوونەوە هاواریان کرد لە خوداو تەوبەیان کردو خودا سزاکەی لەسەر لابردن •

یا پاش ئەوە کە یونس ـ د ـ هاتەوە سەرخۆ هاتەوە بۆ نەینەواو بە ئەمری خودا دەستی کردەوە بە ئامۆژگاری ئەو قەومەو ئیمانیان پێ‌هێناو باوەڕیان کرد کە پێغەمەری خودایەو ، بینا لەسەر ئایەت ئەو قەومە ژمارەیان لە صەدهەزار کەس زیاتر بوە • هەروا مانەوە تا کاتێ خودا بڕیاری دابو بۆیانو لەسەر دینداری دەوامیان کرد •

وە لــە ریوایەتێ ترا یونس رۆیشت بۆ شاری (یافــا) لــە وڵاتی فەلەستینداو لەوێ رۆیشتە سەر دەریاو سواری کەشتی بوو کەشتیەکە لە دەریادا وەستاو یونس بە قورعە خرایە دەریاکەوە •

جا خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەتی محەمەد ـ د ـ ئەکا بەوە کــە خــودا خۆی یاسایەکی داناوەو عەقڵو هۆشێکی داوە بــە ئادەمیزادو ، پێغەمەران رەوانە ئەکا بۆ سەریان ، جا هەرکەسێ ئیمانی هێنا ئــەوە بــە بەختیاری ئەمرێ ئەوانەیش ئیمانیان نەهێنا بە خواستو خواهیشی خۆیان ئەوە بــە بەدبەختی ئەمرن ، ئیتر پێغەمەران نابێ خۆیان زویر بکــەن لــە

ئینکارو سەرپێچی ئەو ئادەمییانە ؛ چونکی خۆیان ئیختیاری خۆیان وەها سەرف ئەکەن هەرچەن کە خودا ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ وا بکا هەموو ئیمان بێنن ، بەلام ئەوە ئەبێ بە ئیمانی ناچاری بۆ ئەوانو سوودێ نادا بەوان ؛ وە ئەوەی بەسوود بێ ئیمانهێنانە بە ئارەزوو دلخوازی خۆیان ، جا بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە خودای تەعالا ئەفەرموێت :

★ (ولو شَاءَ ربُّكَ لآمَنَ منْ في الارْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً) ★

ئەگەر خودای تۆ خواستی ببوایە هەرچی ئادەمیزادێ وا لەسەر عەرزا هەموو ئیمانیان ئەهێنا •

★ (افانْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حتَّى يَكونُوا مُؤْمِنِينَ ؟!) (٩٩) ★

مادام ئەو خواستەی نیەو ئەو خەلکەی حەوالەی ئیختیاری خۆیان کردوەو ئەوان ئیمان نایەنن ئایا ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ زۆر ئەکەی لە خەلك هەتا ئەوان ئیمان بێنن بە زۆر لەگەل ئەوەدا کە ئەو زۆرکاریە هیچ سوودی نیە بۆیان ؟! نەخەیر زۆرکاری بێسوودەو تۆیش ئەم کارە بدەرە دەستی خۆیان ؛ هەرکەسێ ئیمانی هێنا ئەوە زۆر موبارەکەو پیرۆزی خۆی وەرئەگرێ ، وە هەرکەسێکیش ئیمان نایەنێ ئەوە ئەڕوا بۆ خۆی چی ئەکا ئەیکا هەتا ئەمرێ ئەوسا هەرکام لەم دوو نەوعە ئادەمیزادە جەزای خۆی وەرئەگرێ •

★ (وما كانَ لِنَفْسٍ انْ تُؤْمِنَ إلاَّ بِإِذْنِ اللهِ) ★

قەت ڕێك ناکەوێ بۆ هیچ نەفسێ کە ئیمان بێنێ بە خواستی خودا نەبێ ؛ وە خواستی خودایش لەسەر ئیعلاناتی خۆی بۆ ئەو کەسانە ئەبێ کە بە ئەدەبو شوعوور وردبینەوەو بیرێ بکەنەوە لە حالی خۆیان کە

نەبوونو خودا دروستی کردوون ، وە ئەم لەشو هۆشو شێوەو قەوارە بە خۆڕایی دروست نەکراوەو پێویستە ئینسان پەروەردگاری خـۆی بناسێو بیپەرستێو ئیمانی پێ بهێنێ ، جا مادام ئەوان وایان کرد خودایش لە ئاسمانی میهرەبانی خۆیەوە بارانی پیرۆزیو ئیمان ئەبارێنێ بەسـەر دڵیانا •

★ (وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ على الَّذِينَ لا يَعْقِلونَ) (١٠٠) ★

وە خودای تەعالا بە قاری خۆی بەرابەر بەوانەیش کە بە دەمارنو بیرناکەنەوە لە حاڵی خۆیانا هـەتا خودا بناسنو لا ئەدەن لـە پەیامی پێغەمەران بارانی ژاراوی پیسی بێ ئیمانی ئەڕژێنێ بەسەر ئەوانەدا کە نەفامن •

★ (قُلِ : انْظُرُوا ماذا في السَّماواتِ والأَرْضِ) : ★

ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو پێیان : ئـــەی ئادەمیزاد بڕواننو وردبینەوە چی هەیە لە ئاسمانەکانا لە ئەستێرەو لە عەجائیبی ئەشـکالو دائیرەو جازیبەو چی هەیە لە عەرزا بە وشکو تەڕیەوە بە ساراو دەریاوە ، بە کەژو کۆساریەوە لە ئەنواعی کانو ، دارو ، گیـاو گوڵو گوڵزاری ڕەنگامە ••• ئەمانە یەکە یەکەو بـە شێوەی تێکڕایی ئەبن بـە دەلیلی ڕووناکی بێ‌گومان لەسەر وجوودی خودایەکی تەنیای زیندووی زانـای تەوانا • هەتا لە نەفامیو نەزانین دەرچنو تێبگەن ئەم جیهانە بە خۆڕایی دروست نەکراوەو یاسای شەرعی خودا ڕاستە •

★ (وما تُغْني الآياتُ والنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لا يُؤْمِنونَ) (١٠١) ★

وە بەیانی ئـەوەیش بکـە کـە موعجیزاتو ئامۆژگاریو موژدەدان

بـه ئه‌هلی فه‌رمان‌و ترساندنی ئینسانه بێباوه‌ڕه‌كان هیچ سوودێ ناداو كه‌ڵكی نیه بۆ ده‌فعی عه‌زاب له كۆمه‌ڵێكی وه‌ها كه لـه عیلمی خودادا رابوردوه ئه‌وانه خۆیان ماندوو ناكه‌ن له دۆزینه‌وه‌ی رێگه‌ی راستاو ئیمان ناهێنن •

★ (فَهَلْ يَنْتَظِرُونَ إِلاَّ مِثْلَ أَيَّامِ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِهِمْ ؟) ★

ئایا ئه‌وانه كه وه‌ها دڵڕه‌ق‌و دڵڕه‌شن‌و موبالات ناكه‌ن بـه ئایاتی خودا چاوه‌ڕێ ئه‌كه‌ن مه‌گه‌ر بۆ وێنه‌ی ئه‌و كاره‌ساتانه كه روویان دا له زه‌مانی ئه‌و كه‌سانه‌دا كه رابووردوون لـه پێش ئه‌مانا ؟ ئه‌ڵبه‌ته هـه‌ر چاوه‌ڕێی ئه‌وه ئه‌كه‌ن •

★ (قُلْ : فَانْتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُنْتَظِرِينَ) (١٠٢) ★

جا تۆ پێیان بفه‌رموو : مادام وایه ده‌ی ئێوه چاوه‌ڕێ بكه‌ن منیش له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا له‌وانه‌م كه چاوه‌ڕێی ئه‌مری خودای ته‌وانا ئه‌كه‌م تـا بزانین چی ئه‌كا •

★ (ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ حَقّاً عَلَيْنَا نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ) (١٠٣) ★

پاش ئه‌وه كه سزاكه‌مان نارد بۆ فه‌وتاندنی ئه‌و كافرانه پێغه‌مبه‌ره‌كانمان رزگار ئه‌كه‌ین‌و موسوڵمانه‌كانیش هه‌روا رزگار ئه‌كه‌ین له‌و سزایه ؛ چونكه بڕیارمان داوه له‌سه‌ر یاسای خۆمان كه موسوڵمانه‌كان رزگار ئه‌كه‌ین •

★ (قُلْ : يا اَيُّها النَّاسُ إنْ كُنْتُمْ في شَكٍّ مِنْ دِيني فلا اَعْبُدُ الَّذينَ تَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ) ★

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : ئـەی ئادەمیزادەکان ئەگەر ئێوە وان لە گوماناو دوو دڵن لە قەبووڵی دینەکەی مندا ئێوە بێ‌گومان بزانن کە من لە دینی خۆما دوودڵ نیمو عیبادەتی ئـەو بتانـە ناکەم کە ئێـوە عیبادەتیان بۆ ئەکەنو لە خودا لائەدەن •

★ (ولكِنْ اَعْبُدُ اللهَ الَّذي يَتَوَفّاكُمْ) ★

بەڵام عیبادەت ئەکەم بۆ ئەو خودایە کە ڕۆحی ئێوە وەرئەگرێو گیاتتان ئەکێشێ •

★ (وامِرْتُ اَنْ اكونَ مِنَ المُؤْمِنِينَ) (١٠٤) ★

وە ئەمرم پێ‌کراوە کە من لە موسوڵمانە دامەزراوەکان بم •

★ (واَنْ اَقِمْ وجْهَكَ لِلدِّينِ حَنيفاً ولا تَكونَنَّ مِنَ المُشْرِكينَ) (١٠٥) ★

وە من ئەمرم پێکراوە لە لایەنی خودای خۆمەوە : کە رووی خۆت راست هەڵسووڕێنە بۆ لای خودای خۆتو ، شەخسیەتی خۆت راگرە بۆ بەجێهێنانی ئادابی دین بە حاڵێکەوە دەرکەوێ کە تۆ لات داوە لـە هەموو ئایینی پڕو پووچو رووت‌کردوە لە خودای گەورە کە پەروەردگاری جیهانە ، وە پێم‌وتراوە : کە بە قەطعی لە کافرە موشریکەکان مەبـە کە هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن •

★ (ولا تَدْعُ مِنْ دونِ اللهِ ما لا يَنْفَعُكَ ولا يَضُرُّكَ) ★

وە پێم‌وتراوە : کە بانگی کەس مەکە لە غەیری خودا کە بانگ‌کراوەکە شتێکی وایە نە ئەتوانێ سوودت پێ‌بداو نە ئەتوانێ زیانت پێبگەیەنێ •

★ (فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذاً مِنَ الظَّالِمِينَ) (١٠٦) ★

ئەگەر تۆ بانگ بکەی لە کەسێ کە نە سوودو نە زیانی لێ پەیدا نابێ لەم کاتەدا بزانە کە بە راستی تۆ لەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردوە •

★ (وإِنْ يَمْسَسْكَ اللهُ بِضُرٍّ فَلا كاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ) ★

خودای تۆ خودایەکی وەهایە ئەگەر تۆ بگرێ بە زیانێ لە نەفسدا یا لە ماڵ وە یا لە ئەولادا ئەوە کەس ناتوانێ ئەو زیانە لابا خۆی نەبێ •

★ (وإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلا رادَّ لِفَضْلِهِ ، يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِهِ وهُوَ الغَفُورُ الرَّحيمُ) (١٠٧) ★

وە ئەگەر خواستی خێرو پیرۆزی‌و ئاسایشت بۆ بکا دیسان کەس ناتوانێ بەرابەری بکا لەگەڵیاو مەنعی ئەو خێرە بکا ، ئەیدا بە هەرکەسێ مەیلی لێبی هەیە ، بە راستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

★ (قُلْ : يا أَيُّها النَّاسُ قَدْ جاءَكُمُ الحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ ، فَمَنِ اهْتَدى فَإِنَّما يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ، ومَنْ ضَلَّ فَإِنَّما يَضِلُّ عَلَيْها . وما أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ) (١٠٨) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو : ئەی ئادەمیزادێ کە گردبوونەتەوە لەم سەر عەرزەدا لەم کات‌و زەمانەدا بە راستی کتێبی

راستو دینی راستو پێغەمەری راست لە لایەنی خوداوە هات بۆ لاتان ، جا هەرکەس لەسەر خەتی ئەو کتێبەو ئەو پێغەمەرە رێگە ئەگرێو ئەڕوا بە رێگەدا ئەوە شارەزای خێر بوە بۆ خۆیو سوودەکەی بۆ خۆیەتی وە هەر کەسێکیش لەسەر رووناکی ئەو کتێبەو فەرموودەی ئەو پێغەمەرە نارِواو گومرِا ئەبێ ئەوە ئەو گومرِاهیەی هەر زیانی بۆ خۆیەتیو من نیگابانو موراقیب نیم لەسەر ئێوە •

★ (واتَّبِعْ ما يُوحى إلَيْكَ واصْبِرْ حَتَّى يَحْكُمَ اللهُ وهُوَ خَيْرُ الحَاكِمِينَ) (١٠٩) ★

وە بکەوەرە شوێنی ئەوەی کە وەحی کراوە بۆ لاتو خۆت بگرە بەرابەر بە ئازاری دوژمنایەتی کافرەکان هەتا خودا خۆی فەرمان ئەدا بە ئەنجامی هەردوولاکەتان ، وە بزانە خودا باشترو عادلتر فەرمانبەرێکە لە عالەما •

سووره‌تی هوود

مه‌کی‌یه ئایه‌ته‌کانی ١٢ و ١٧ و ١١٤ نه‌بێ ، ئه‌مانه مه‌ده‌نین ٠ له پاش سووره‌تی یونس هاتوه‌ته خواره‌وه ٠

١٢٣ ئایه‌ته

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

★ (الـر) ★

ئه‌م سووره‌ته که به‌م حه‌رفانه ناوبراوه ٠

★ (كِتَابٌ اُحْكِمَتْ آيَاتُهُ) ★

کتێبێکه ئایه‌ته‌کانی به نه‌وعێ دامه‌زراون که عه‌یبیان تیا نیه ٠

★ (ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ) (١) ★

حه‌رفی (ثم) بۆ ماوه‌یه لـــه قه‌درو میزانا ؛ واتـــه ئه‌م سووره‌ته ئایه‌ته‌کانی به بێ عه‌یبی نازڵ کراون بۆ عه‌رز بۆ لای پێغه‌مه‌رو دارژراون له مه‌وضووعاتی خاوه‌ن نرخی ئیعتیقادیات‌و عه‌مه‌لیاتدا لـــه لایـــه‌نی خودایه‌که‌وه که خاوه‌ن حیکمه‌ته‌و ئاگاداره له‌سه‌ر هه‌موو شتێ ٠

★ (الاَّ تَعْبُدُوا إلا اللهَ إنَّني لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ وبَشِيرٌ) (٢) ★

که ئه‌مه ئه‌گه‌یه‌نێ عیباده‌ت‌و به‌نـده‌یی‌و په‌رستیاری مه‌که‌ن مه‌گه‌ر بۆ ئه‌و زاته (واجب الوجود)ه که ناوی (الله)یه‌و به راستی بزانن که من بۆ ئێوه موژده‌ده‌رو ترسێنه‌رم له لایه‌نی ئه‌وه‌وه ٠

★ (وأنِ اسْتَغْفِروا ربَّكُمْ ثُمَّ تُوبوا إليْهِ يُمَتِّعْكُمْ مَتَاعاً حَسَناً إلى أجَلٍ مُسَمّىً) ★

وە ئەمەیش ئەگەیەنێ کە ئێوە ئەی هۆشیاران داوای عەفوی تاوانەکانتان لە پەروەردگاری خۆتان بکەن‌و هەمووتان دەسبەرداری گوناح بین‌و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو جا ئەگەر ئاوا بکەن لەزەت‌و خۆشیتان پێ‌ئەدا بە شێوەیەکی عەدل‌و ڕێك هەتا وادەو کاتێکی دیاری‌کراو •

★ (ويُؤْتِ كُلَّ ذي فَضْلٍ فَضْلَهُ) ★

وە خودا ئەدا بە هەموو خاوەن زیادەعیبادەتێ زیادە ئەجرێکی خۆی •

★ (وإنْ تَوَلَّوْا فَإنّي أخافُ عَلَيْكُمْ عذابَ يَوْمٍ كَبيرٍ) (٣) ★

وە ئەگەر ئەو گەلە کە ئەم کتێبەیان بەسەرا ئەخوێنیتەوە پشت هەڵبکەن لە حەق ئەوە بە ڕاستی بزانن خودا لێیان عاجز ئەبێ‌و من ئەترسم کە ئازاری ڕۆژێکی گەورەیان بەسەردا بێ کە ڕۆژی قیامەتە ، وە یا ڕۆژی قارگرتنی خودایە لەسەریان لە دنیادا •

★ (الى اللهِ مَرْجِعُكُمْ وهُوَ على كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ) (٤) ★

ئەی هۆشیاران بایی مەبن بە خۆتان ، لە ئەنجاما گەڕانەوەتان هەر بۆ لای خودایەو ئەو خودایە تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا کە لە دائیرەی ئیمکاندا بێ •

★ (ألا إنَّهُمْ يَثْنونَ صُدورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا مِنْهُ ألا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيابَهُمْ يَعْلَمُ ما يُسِرُّونَ وما يُعْلِنونَ إنَّهُ عَليمٌ بِذاتِ الصُّدورِ) (٥) ★

جا ئەڵێ : ئاگادار بە ئەی پێغەمەری خۆم بـــە ڕاستی ئەو کافرانە سینەی خۆیان هەڵئەسووڕێنن بۆ ئەوە کە خۆ بشارنەوە لە محەمەد (د) وە یا لە خودای محەمەد بەڵام بێ سوودە •

بێداربن ! لەو کاتەدا کە خۆیان دائەپۆشن بە بەرگەکەیان ـ واتە بە نوێنی کاتی نوستنیان خودای تەعالا عالمـــەو زانایە لەســـەر ئـــەو خەیاڵاتە دائەپۆشن لە دڵیاناو لەسەر ئـــەو وتارو کردوە دەری ئەخەن ؛ چونکی بە ڕاستی خودا ئاگادارە بەو خەیاڵاتە هاتوچۆ ئەکا بە سینەدا •

★ (وما مِنْ دابَّةٍ في الأَرْضِ إلاَّ عَلى اللهِ رِزْقُها) ★

وە هیچ گیانلەبەرێ نیە بڕوا بەسەر عەرزاو دامەزراو بێ لە عەزرا ئیللا خودا ئاگادارە لەسەری‌و ژیواری لەسەر خودایە •

★ (ويَعْلَمُ مُسْتَقَرَّها ومُسْتَوْدَعَها) ★

وە ئەزانێ بە شوێنی مانەوەی دەوامداری وەکو نیشتمانی هەموو کاتی . وە ئاگادارە لە شوێنی ئەمانەتی واتە شوێنی وەختی وەکو مەنزڵی لە کاتی هاتوچۆ بە وڵاتاو هاتوچۆی بۆ بەجێهێنانی پێویستی خۆی •

★ (كُلٌّ في كِتابٍ مُبِينٍ) (٦) ★

هەموو ئەمانە وان لە کتێبێکی ڕووناکا کە (لوح المحفوظ)ە ، یا وان لە دەفتەری تایبەتی لای فریشتەدا •

★ (وهوَ الَّذي خَلَقَ السَّماواتِ والأَرْضَ في سِتَّةِ أَيَّامٍ وكانَ عَرْشُهُ على الماءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ، ولَئِنْ قُلْتَ : إنَّكُمْ مَبْعوثُونَ مِنْ بَعْدِ المَوْتِ لَيَقولَنَّ الَّذينَ كَفَروا : إنْ هذا إلاَّ سِحْرٌ مُبِينٌ) (٧) ★

بێدار بەرەوە ! ئیبنو عەباس (خ) ئەفەرموێت : ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە شانی کەسانێکدا کە شەرمیان ئەکرد بڕۆن بۆ قەزای حاجەتو خۆیان دەربخەن وە یا بڕۆن لەگەڵ ژنەکانیانا بنوونو گیانیان دەرکەوێ • جا نازڵ بو بۆ ئەوە کەخودا لەم کارانەدا عیتاب ناکاو زیانیان نیە •

وە ریوایەت کراوە لە عەبدوڵڵای کوڕی شەدادەوە : کە نازڵ بوە لە شانی بازێ لە مونافیقەکانا کە رائەبورد بە لای حەزرەتا خۆی پێچ ئەدا بۆ ئەوە حەزرەت نەیبینێ • وە ئەمە موعارەزەی کراوە بەوە کە ئەم سوورەتە مەکیەو موناقیقەکان لە مەدینەدا بوون •

وە ریوایەت کراوە کە ئەمە لە شانی بازێ لە موشریکەکانا نازڵ بوە . ئەیانوت : ئێمە کە خۆمان وا داپۆشین خەڵك پێمان نەزانێ محەمەد چۆن لە ئەحوالی ئێمە حالی ئەبێ ؟

بەهەرحاڵ ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە خودا ئاگادارە لە هەموو عالەمو کەس لە خودا ون نابێ جا ئەو موسوڵمانانە هەرچۆن بژین خودا ئاگادارە لێیان بەڵام ئیجازەی داوە کە بە عادەتی شەرعی لەگەڵ ژنو عائیلەی خۆیاندا رابوێرن • (ئەمە ئەگەر ئەم ئایەتە دەرحەق موسوڵمانان نازڵ بووبێ •)

وە ئەگەر لە شانی کافرەکانا نازڵ بووبێ مەعنای وایە : ئەو کافرانە خۆیان لە پێغەمەر بشارنەوە ، وە یا بیانەوێ لە خودا خۆیان ونبکەن خودا ئاگادارە لەسەریانو چاكو خراپ لە ئەسراری دڵو وتاری دیاریو کردەودیان لە لای خودا ئاشکرایە •

ئەو خودایە خودایەکە کە ئاسمانەکانو عەرز (واتـە ئەوەی بـە نیسـبەتی ئێمەوە لـــە ژوورەو ئەوەی لـــە خوارە) دروستی‌کردوون لە نەبوون لە ماوەی شەش رۆژا لە رۆژە عادەتیەکەی خۆمان . وە یا لە پێش دروستکردنی ئـەمانا (عەرشی خودا لەسەر ئاو بو) واتـە غەیری عەرش‌و مادەی ئاو هیچی تر نەبو وەکو لە پێش دروستکردنی ئەوانیشدا هەر تەنیا خودای تەعالا بوە ؛ وەکو ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە (د) (کان الله وما کان معه شيء ، ثم کان عرشه على الماء) .

وە کاکڵەی بەیانی دروستکردنی عەرش لەسەر ئاو ئەوەیە کە ئـەم هۆشیارانە حاڵی بکا لەوە کە وجوودی مومکینات گەورەو بچووك (ذاتا وصفة) بەسراوە بە خواستی خوداو بە تەوانایی ئەوەوەو هیچ شتێ مەرج نیە بۆ دروستکردنی هیچ شتێ بـە پێی یاسـای عادەتی نەبێ . ئەگەرنا ئەتوانێ هەرچی خواستی بێ بە تەنیا دروستی بکا وە خودای تەعالا ئەم ئاسمانو عەرزەو ئەم عەرشە بەرزەی بۆ ئەوە دروستکردوە کە عالەمێکی کامڵ‌و رەسا دروست بکاو ئادەمیزادی تێـدا دروست بکاو پێغەمەران رەوانە بکا بۆ لایانو تەکلیفیان لێ بکا کە لەســەر دەستووری ئـەو پێغەمەرە رەفتار بکەن بۆ ئەوە کە لە عالەمی شەهادەتی بیسراوو بینراوە بەراوردتان بکا کە کام کەس لە ئێوە باشترە لە کەسێکی‌تر لـە هـۆی رەفتارەوە . وە ئەوسا جەزای ئەو رەفتارانە بداتەوە وەکو فەرموویەتی : (وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون)وە لەگەڵ دەرخستنی ئەم هەموو ئاثارە گەورەدا کە دلیلن لەسەر تەوانایی خوداو لەسەر ئەوە (مەعاد) ئاسانە وەکو (مەبدەء) بە راستی ئەی خۆشەویست ئەگەر تۆ بڵێی بەو کافرانە بە راستی ئێوە زیندو ئەکرێنەوە لە پاش مردن بۆ ئەوە جەزای رەفتارتان دەست بکەوێ ئەو کافرانە زۆر بە ئیهتیمام رەدی ئەو قسـە

ئەکەنەودو وەلاّم ئەدەنەوە ، ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەم باسی زیندوبوونەوەی پاش مردنە بەتاڵو پڕو پووچەو وەك جادووی جادووگەران وایە کە جادوەکەیان روونو دیار بێ •

★ (ولئِن° اَخَّرْنا عَنْهُمُ العَذابَ إلى اُمَّةٍ مَعْدودةٍ لَيَقولُنَّ : مَا يَحْبِسُهُ ؟) ★

وە بە راستی ئەگەر عەزابدانو ئازاری ئەو کافرانە دوا بخەین هەتا ماوەیەکی ژمێرراو ئەو کافرانە بە تانەدانەوە ئەڵێن : ئەوە چی ئەبێ بە هۆی دواخستنی ئەو عەزابە ؟

★ (الا یَوْمَ یَأتیهِم° لَیْسَ مَصْروفاً عَنْهُم° وحاقَ بِهِم° ما كانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئونَ) (٨) ★

ئاگادار بن ! ئەو رۆژەو ئەو کاتە کە ئەو عەزابی ئێمە حەواڵە ئەکرێو دێتە سەریان بە هیچ جۆر لا نادا لێیانو ئەو عەزابە گاڵتەی پێ ئەکەن دەورەیان ئەدا •

★ (ولَئِنْ اَذَقْنا الاِنْسانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْناها مِنْه إنَّهُ لَيَؤُس" كَفور") (٩) ★

وە لەگەڵ ئەوەدا کە ئینسان بەرانبەر بە ئیطاعەی خودای خۆی سستو دڵڕەقو سەرکێشە لە حاڵی زاتی خۆیشیا بێتەمکینو دانەمەزراوە ، بۆ وێنە ئەگەر لە کەرەمی خۆمان رەحمەتێکی پێ بدەینو تامی کامو خۆشییەکی پێ بچێژینو ماوەیێ بە شادی بژیو لە پاشا ئەو رەحمەتەی لێوەربگرینەوە بە راستی لەو کاتەدا نائومێدو بێ هیواو دڵگیراوو بەرچاو

تەنگو بێباوەڕە بە خودا (کأنه) ئەو خودایە کە زوو ئـەو هەموو نیعسەتەی پێداوە بەو حاڵە نەماوە !

★ (ولئِن اَذَقناهُ نعماءَ بَعْدَ ضَرّاءَ مسَّتْهُ ليقولنَّ : ذَهَبَ السَّيِّئاتُ عَنّي إنَّهُ لفَرِحٌ فَخورٌ) (١٠) ★

وە ئەگەر لە پاش پەرێشانیو نەخۆشی تەندروستیو لەش ساغیەکی پێبدەین ئەمجار بەدەمارو فیزێکەوە ئەڵێ : ئەو وەزعــە ناهەموارەکان رابوردن لەسەرمو ئیتر نایەنەوە ؛ جا بە راستی ئادەمیزاد نەوعێکی بایی بەخۆشیو دەمارکەر بە شادیە . وە ئـەم بێئیستیقامەتیو گۆڕانی حاڵە وەکو خێوەت هەڵدراوە بەسەر هەموو کەسێکدا لە ئادەمی .

★ (إلاّ الّذينَ صَبَروا وعَمِلوا الصّالِحاتِ اولئِكَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ واَجْرٌ كَبيرٌ) (١١) ★

ئەو موسوڵمانانە نەبێ کە خۆگرن لەبەر باری ناباراو کردەوەی باش ئەکەن لە هەموو کاتو حاڵێکدا ؛ وە لە کاتی ناخۆشیدا هیوای میهرەبانیو کەرەمی خودایان زۆرەو . لە کاتی خۆشیو بەرزیدا بیسی لاچوونی ئـەو حاڵەیان هەیەو هەمیشە چاویان وا لە خوداوە ئەوە ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر لەسەر تەبیعەتی ئادەمیزاد گوناحێ بکەن ئەوە خودا عەفویان ئەکا ؛ وە ئەگەر کارێکی باش بکەن پاداشێکی گەورەیان هەیە .

★ (فلَعَلَّكَ تارِكٌ بَعْضَ ما يُوحى إلَيْكَ وضائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ اَنْ يَقولُوا : لَوْلا اُنْزِلَ عَلَيْهِ كَنْزٌ اَوْ جاءَ مَعَهُ مَلَكٌ ؟) ★

ئیمە کە تەماشای دڵزویری تۆ ئەکەین لە کاتێکدا ئایاتێ رەوانـە ئەکەین کە موافیقی زەوقی کافرەکان نیەو حاڵت وای لێ دێ کە بازێ لەو ئایەتانە وەحی کراون بۆ تۆ بە خیلافی زەوقی کافرەکان تەرکیان بکەیو دڵت بەوانە تەنگ ئەبێ لە ترسی ئەوە ئەوان بڵێن ئەوە بۆچی خەزێنەیەك ئاڵتوونو زیوی بۆ رەوانە نەکراوە بۆسەر عەرز ؟ یاخود بۆ فریشتەیەکی لەگەڵدا نەهاتوە کە ببێ بە دەلیل لەسەر ئەوە کەوا پێغەمەری خودایە ؟ ئەکەی دەخیلە ! دڵت زویر مەکەو ، هەرگیز موبالات بە زەوقی کافرەکان مەکە تۆ حەقت بەسەر هیچەوە نیە بەس ئەوەندە هەیە لە لایەنی خوداوە رەوانەکراوی بە ترسێنەرێ لە سزا •

★ (إنَّما اَنْتَ نَذِيرٌ واللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ وكيلٌ) (١٢) ★

تۆ هەر نەزیریو بەسو خودا نیگابانە لەسەر هەموو شتێك • ئەگەر ئەو کافرانە هەزار شت داوا بکەنو خودا بۆیان نەکا تۆ خۆت دڵتەنگ مەکە •

★ (اَمْ يَقولونَ افْتَراهُ ؟) ★

یاخود ئەو کافرانە ئەڵێن : محەمەد ئەم قورئانەی داناوەو بـە درۆ ئەڵێ کەلامی خودایە •

★ (قُلْ : فَاْتوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَياتٍ !) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە بوختانکەرانە : دەی ئێوە ئەگەر راست ئەکەن لـەم داوادا کە قورئان کەلامی ئادەمیزادە فەرموون ! بێن دە سوورەتی وەکو سوورەتەکانی قورئـان هەڵبەستنو بیانخوێننەوە •

★ (وادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِن دونِ اللهِ إنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ) (١٣) ★

وە هەرکەسیش دەستان پێی ئەگاو ئەتوانن بانگیان بکەن بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەستە بیانهێنن ئەگەر راست ئەکەنو ئەگەر ئێوە لە پیاوە راستەکانن •

★ (فإنْ لَمْ يَسْتَجِيبوا لَكُمْ فَاعْلَموا أنَّما أنْزِلَ بِعِلْمِ اللهِ وأنْ لا إلهَ إلاَّ هوَ فَهَلْ أنْتُمْ مُسْلِمونَ ؟) (١٤) ★

جا ئەگەر ئەو کافرانە بە گوێیان نەکردنو ئەو سوورەتەیان نەهێنا • وە یاخود ئەگەر ئەو کەسانە کە بانگیان ئەکەن بۆ یارمەتی لەسەر ئینشاکردنی دە سوورەت وەکو سوورەتەکانی قورئان نەهاتنو کەس نەهات بۆ یارمەتیدانیان •• بزانن هەمووتان کە ئەم قورئانە نازڵ کراوە بە زانیاری خوداو تەوانایی ئەوەوەو پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە نییەو • بیشزانن کە خودا نیە لە جیهانا ئەو خودا نەبێ کە ئەو قورئانەی ناردوەتە خوارەوە • جا ئیتر ئایا ئێوە پاش ئەوە دەلیلتان دەس کەوت لەسەر ئەو خودایە موسوڵمان ئەبنو لەم شەقاوەتە دەسبەردار ئەبن ؟

جا خودای تەعالا لائەکاتەوە بە لای پێغەمەرا (د)و ئامۆژگاری ئەکاتو ئەفەرموێت :

★ (مَنْ كانَ يُرِيدُ الحياةَ الدُّنْيا وزِينَتَها نُوَفِّ إلَيْهِمْ أعْمالَهُمْ فِيها وهُمْ فِيها لا يُبْخَسونَ) (١٥) ★

هەرکەسێ هەر ئەم ژیانی دنیایە ئەوێو بە شوێنی ئەم جوانی ژیوارەدا ئەگەڕێ ئەوە ئێمە لەسەر خواستی خۆمان بە فەی کردەوەی

کابرا جەزای ئـەو کردەوانەی ئەدەینەوە ، تیجارەتو ئالوویر ئـەکا قازانجی پێ ئەدەین ؛ وە باخو بێستان ئەتێژێ یا کشتوکاڵ ئەکا ، وە یا چۆداری ئەکا لە سەر یاسای خۆمان لە جیهانا ئەڕۆین لەگەڵیا لـەم دنیادا ، وە ئەوانە لە دنیادا غالبا زیان ناکەن ، واتە لەسەر عادەتی ئادەمیزاد ئەژین •

★ (اولئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إلاَّ النَّارُ وحَبِطَ ما صَنَعُوا فِيها وباطِلٌ ما كانُوا يَعْمَلونَ) (١٦) ★

بەڵام ئـەو جـۆرە کەسـانە کـە هـەر دنیـایان ئـەوێو موبالات بە فەرمانی خودای تەعالا ناکەن ئەوانە لە قیامە تا لـــە ئاگری دۆزەخ بەولاوە بەشێکیان نیە ، وە هەر کردەوەیێ لە دنیادا کردوویانە بێ سوودو بێ بایەخە ؛ چونکی بە هیوای ئەجرو جەزای رۆژی قیامەت نەیانکردوەو لـە زاتی خۆیشیا ئـەو کردەوە شـتێکی پۆچو بێ قیمـەتی دینی بوە ؛ چونکی هەر کردەوەیە لەگەڵ نیەتی رەزای خوداو لەبەر فەرمانبەرداری خودا نەبێ وەکو کردەوەی باقی گیانلەبەرە بێ عەقڵەکان وایە •

★ (افَمَنْ كانَ على بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّهِ ويَتْلوهُ شاهِدٌ مِنْهُ ومِنْ قَبْلِهِ كتابُ موسى إماماً ورَحْمَةً ؟) ★

ئەم ئایەتە موقابیلی ئایەتی پێشوە ، واتە : ئایا کەسێ کە لەسـەر دەلیلو بورهانێ بێ لە لایەنی خودای خۆیەوە (واتە پێغەمەرێ وەکو محەمەد (د) کە خودا دڵی رووناك کردوەتەوە لەسەر دینی ئیسلام) یاخود کۆمەڵە ئوممەتێ کە خودای تەعالا دڵی رووناك کردوونەتەوە لەسەر دینی ئیسلامو بە شوێنی ئەو دڵڕووناکیەیشدا شاهیدێو پاڵپشتێ لە لایەنی خوداوە بێت بۆیان وەکو قورئانی پیرۆز کە ئەخباری پێشینانو ئەحواڵی

جیهانی تێدابێ‌و لە پێش ئەو شاهیدەیشدا تەوراتی موسا (د) هاتبێ بۆ سەر عـەرز کە پێشـەوا بووبێ بۆ پێغەمەرانی بەنی‌ئیسرائیل‌و رەحمەت‌و نوور بێ لـە لایـەنی خـوداوە وە باسـی ئـەم پێغـەمەرە خـاوەن شـاهیدەی کـردبێ بـە رووناکی •• ئایـا ئـەم پێغـەمەرەو ئـەم ئوممەتە کە ئیمانیان بەو هێناوە چۆن ئەبن بەوانە کە لەم دنیادا هـەر ژیانی دنیاو زینەتی دنیایان ئەویست‌و بەس ؟! هەرگیز وەکو یەك نابن • ئەوان کافر بوون‌و دوور بوون لە رەحمەت‌و ئەمان موئمین‌و موسولمانن‌و سەرچاوەی رەحمەتی خودای تەعالان •

★ (اولئِكَ يُؤْمِنونَ بِهِ) ★

ئەم کۆمەڵە بە حورمەتە خاوەن پایە دەوامیان هەیە لەسەر ئیمان بە خوداو بڵاوکردنەوەی دین‌و ئەخلاق‌و رەوشتی پێغەمەر (د) •

★ (ومَنْ يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الاَحْزابِ فالنّارُ مَوْعِدُهُ) ★

وە هەرکەسێ کوفر بکا بـە خودا یا بـەو قورئانە کە شاهیدی پێغەمەری خودایە لەو کۆمەڵانە کە قەرەباڵغی ئەکەن لەسەر دوژمنایەتی (د) لە ئەهلی مەکەو ئەطرافی مەکە ئەوە ئاگری دۆزەخ دانراوە بە کاتی وادە بەجێهێنانی سزادانی ئەوانە •

★ (فلا تَكُ في مِرْيَةٍ مِنْهُ) ★

ئەوە تۆ هیچ شوبهەو گومانی خیلافت نەبێ لە گەیشتنی ئەو کافرانە بەو وەعدەیە •

★ (إنّهُ الحَقُّ مِنْ رَبّكَ) ★

بە راستی ئەو وەعدەیە حەقەو سابتەو دێتەجێ لە لایەنی خودای تۆوە •

★ (وَلكِنَّ أكْثَرَ النَّاسِ لا يُؤْمِنونَ) (١٧) ★

بەڵام زۆربەی ئەو كۆمەڵەی ئەهلی مەكەو ئەطرافی مەكە وە یا زۆربەی ئادەمیزاد لە عالەما ئیمان نایەنن بە خودا یا بە قورئانی پیرۆز ، یا بەو هاتنی ئاگری دۆزەخە لەبەر ئەوە كە ئارەزووی دنیا زاڵ بوە بەسەریانا . مەیدانی بیركردنەوەیان نیە لە قورئانا یا لە دەلیلی راستی دیناو هاتنی قیامەتاو سزادانی كافرانا بە ئاگری دۆزەخ •

★ (وَمَنْ أظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرى عَلَى اللهِ كَذِباً ؟ اولئِكَ يُعْرَضونَ على رَبِّهِمْ) ★

ئەوە كێیە كە ستەمكارتر بێ لەو كەسە كە درۆ لەسەر خودای تەعالا هەڵبەستێو ئەوەی خودا نەیفەرموە بیكا بە فەرموودەی ئەوو ئەوەی كە ئەو فەرموویەتی بڵێ فەرموودەی ئەو نیە ؟! ئەو ستەمكارانە لە رۆژی قیامەتا رائەنوێرێن لە حوزووری خودای خۆیانا •

★ (وَيَقولُ الأشْهادُ : هؤلاءِ الَّذينَ كَذَبوا عَلى رَبِّهِمْ ، ألا لَعْنَةُ اللهِ عَلى الظَّالِمينَ) (١٨) ★

وە شاهیدەكانی كردووەوەی لە رۆژی قیامەتا لە پێغەمەرانو لە فریشتەكانی نوورسەری ئەعمالو صاڵحانی ئومەتی ، وە یا ئەعزای لەشی خۆیان ئەڵێن : ئا ئەو كۆمەڵە بوون كە درۆیان لەسەر خودای خۆیان هەڵبەست • بزانن ! كە لەعنەتو نەفرینی خودا لەسەر ستەمكارانەو لەسەر درۆزنانەو لەسەر بێئیمانانە •

★ (الَّذينَ يَصُدّونَ عَنْ سَبيلِ اللهِ وَيَبْغونَها عِوَجاً وَهُمْ بالآخِرَةِ هُمْ كافِرونَ) (١٩) ★

ئه‌و كه‌سانه كه خه‌ڵكی دوورئه‌خه‌نه‌وه‌و مه‌نعیان ئه‌كه‌ن له رۆیشتن بـه رێگای خودادا كه دینی ئیسلام‌و مه‌نهه‌جی قورئانه‌و ئه‌م رێگه‌یه بـه لارو نارێك نیشان ئه‌ده‌ن‌و ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه كافرن به هاتنی رۆژی قیامه‌ت •

★ (اولئِكَ لَمْ يَكونوا مُعْجِزِينَ في الأَرْضِ وما كانَ لَهُمْ مِنْ دونِ اللهِ مِنْ أَوْلياءَ) ★

ئه‌و كۆمه‌ڵه كـه ئـه‌و سیفه‌تانه‌یان هه‌یه كۆمه‌ڵه‌یه‌كی وه‌ها نین كـه به‌رانبه‌ری خـودا بكه‌ن‌و نه‌یـه‌ڵن خودا ئیشی خۆی بكاو حـه‌ق له‌وانه بسێنێ . به‌ڵكو ئه‌وانه رۆژێ دێته‌پێشه‌وه بۆ تۆڵه‌لێ‌سه‌ندنه‌وه‌یان‌و غه‌یری خودایش دۆست‌و یارمه‌تیده‌ریان نیه ، وه طه‌بعه‌ن خودایش یارمه‌تی ئه‌وانه نادا ؛ چونكی دوژمنی دینی ئه‌ون •

★ (يُضاعَفُ لَهُمُ العَذَابُ) ★

وه لـه رۆژی قیـامه‌تا سزایان له‌سه‌ر دووقات ئه‌كرێته‌وه ؛ قاتێكی له‌سه‌ر كوفری خۆیان‌و قاتێكی له‌سه‌ر ئه‌وه كه مه‌نعی خه‌ڵكیان كردوه له رۆیشتن به رێگه‌ی خودادا •

★ (ما كانوا يَسْتَطيعونَ السَّمْعَ وما كانوا يُبْصِرونَ) (٢٠) ★

وه ئه‌وانه نامه‌رد بوون‌و له دنیادا ئه‌وه‌نده دوژمنی دینی خودا بوون تاقه‌ت‌و ته‌وانای بیستنی ئایـه‌تی خودایان نـه‌بو وه تاقه‌ت‌و ته‌وانای ته‌ماشاكردنی رووداوو موعجیزاتی پێغه‌مه‌ریان نه‌بو •

★ (اولئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وضَلَّ عَنْهُمْ ما كانوا يَفْتَرونَ) (٢١) ★

ئەو کۆمەڵە ئەوانەن کە نەفسی خۆیان لە دەست دەرچو وە ئەو درۆو دەلەسە کە ئەیانکرد ونبو لێیانو سوودی پێ نەدان .

★ (لا جَرَمَ اَنَّهُمْ في الآخِرَةِ هُمُ الاَخْسَرونَ) (٢٢) ★

جا گومان لەوەدا نیە کە ئەوانە لە رۆژی قیامەتا لە هەموو کەس لە کافرەکان زیانکارترو خەسارەتبارترن ؛ چونکی باقی کافرەکان هەر تاوانی خۆیانیان لەسەرە بەڵام ئەمان تاوانی خۆیانو خەڵکیان لەسەرە .

★ (إنَّ الَّذينَ آمَنوا وعَمِلوا الصّالِحاتِ واَخْبَتوا إلى رَبِّهِمْ اولئِكَ اَصْحابُ الجَنَّةِ هُمْ فيها خالِدونَ) (٢٣) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خوداو کردەوەی موناسبی دین ئەکەنو ملیان راکێشاوە بۆ خودای خۆیان ئەوانە خەڵکی بەهەشتن ، ئەوانە لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە .

★ (مَثَلُ الفَريقَينِ كالاَعْمى والاَصَمِّ والبَصيرِ والسَّميعِ) ★

وێنەی ئەم دوو تاقمی موسوڵمانو کافرانە وەکو تاقمێکی خاوەن گوێیە لە موقابیلی تاقمێکی کوێرو کەڕەوە .

★ (هلْ يَستَوِيانِ مَثَلاً ؟) ★

ئەم دوو تاقمە قەت ئەبن بە وێنە بۆ یەك لە صیفەتو حاڵدا ؟ حاشا وە کەللا !

★ (افَلاَ تَذَكَّرونَ ؟) (٢٤) ★

ئایا بیر ناکەنەوە لە حاڵی ئەم دوو تاقمەدا هەتا حاڵی بین کە ئینسانی چاودارو گوێدار ژینێکی پیرۆزی هەیەو ئەوانی موخالیف ژینێکی پڕ لە ژانو ، ئەوان وێنەی موسوڵمانن و ئەمان وێنەی کافران ؟

★ (ولَقَـدْ ارْسَـلْنا نوحـاً إلى قَـوْمِهِ : إنّي لَكُـمْ نَذِيـرٌ مُبِين) (٢٥) ★

خودای ته‌عالا دڵخۆشی حه‌زره‌ت ئه‌داته‌وه به‌وه كه لــه زه‌مانی پێشوودا گه‌لێ له پێغه‌مه‌رانی ناردوه بۆ لای ئاده‌میزادو گه‌لێ حه‌ولیان داوه بێ‌ســـوود ده‌رچوه‌و گه‌لێ سزای خـــاوه‌ن ده‌هشه‌ت‌و ئـــازاری ره‌وانه‌كردوه بۆ سه‌ریان‌و مه‌حوی كردوونه‌ته‌وه ، تۆیش ئه‌گه‌ر بازێ زه‌حمه‌ت‌و ناڕه‌حه‌تی ببینی پێویسته خۆت بگری‌و ئه‌نجامی خێر بۆ تۆیه ، ئه‌فه‌رموێت : (من جمله) له زه‌مانی پێشوودا پێغه‌مه‌رێكی خاوه‌ن پایـه به ناوی نووح كه له نه‌ته‌وه‌ی حه‌زره‌تی ئیدریس بو ره‌وانه‌مان كرد بـۆ سه‌ر قه‌ومه‌كه‌ی كه بتپه‌رست بوون‌و نیشته‌جێگه‌ی جه‌زیره‌و ، سه‌نجارو ، موصڵ‌و ، ولاتی بابل بوون‌و ، فه‌رمووی به قه‌ومه‌كه‌ی : من بۆ ئێـوه ره‌وانه‌كراوم له لایه‌نی خوداوه‌و ئه‌تان‌ترسێنم له سزای خودا ، مادام له سه‌ر ئه‌م بتپه‌رستیه ده‌وام بكه‌ن خودا قارتان لێ‌ئه‌گرێ ، وه من له لایه‌نی خوداوه ره‌وانه‌كراوم :

★ (انْ لا تَعْبُدوا إلاّ الله ، إنّي اخافُ عليْكُمْ عذابَ يَوْمٍ الِيمٍ) (٢٦) ★

وه ئینزارتان ئه‌كه‌م ئیتر له‌مه‌ولا عیباده‌ت مه‌كه‌ن بۆ غه‌یری خودا ، به راستی من ترسم هه‌یه كـه سزاو ئازارێكی زۆر ناباریتان بێته‌سه‌ر لـه رۆژێكی ناهه‌موارا ،

★ (فَقالَ المَــلأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ : ما نَراكَ إلاَّ بَشَراً مِثْلَنَا وما نَراكَ اتَّبَعَكَ إلاَّ الَّذِينَ هُمْ اراذِلُنا بادِيَ الرَّأْيَ وما نَرى لَكُمْ عَلَيْنا مِنْ فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كاذِبِينَ) (٢٧) ★

ئەو کۆمەڵە ئوممەتە کە سەرکردەو دەمڕاستی ئـەو ئوممەتە بوون لەو چەرخەدا هاتن وەڵامی حەزرەتی نوحیان دایەوەو بەرانبەری ریسالەتی ئەویان کرد بە چوار شوبهە :

یەکەم : ئەمە کە نوح ئادەمیزادێکە وەکو ئەوان لە بیئەو عائیلـەو رشتەی نەتەوایەتیدا وە ئینسانی وا ناگاتە پایـەی سەرداری مەعنەوی و ریسالەت بۆ سەر ئەو قەومە •

دووهەم : ئەوانەی کەوتوونەتە شوێن ئەو کۆمەڵێکی لاتو بێ حاڵو بێ دەستەڵاتنو ئەمانە زۆرتر لە کۆمەڵێ ئەچن کە لە برسا موشاغەبەیێ دروست بکەنو ئێمە تاقەتی هاوڕێی ئەوانەمان نیە •

سێهەم : ئەمە کە پایەو شانێ نابینن بۆ نوحو پەیڕەوەکانی لەسەر خۆیان هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە ئەمان بتواننو دڵیان بێتە سەر ئەوە خۆیان بکەن بە ئوممەتی نوحو لەگەڵ ئەودا بژین •

چوارەم : ئەمەیە ئێمە وا ئەزانین کە تۆ لـــەم داوای رەهبەری و پێغەمەرایەتیەدا درۆ ئەکەیو ئێمە ناکەوینە شوێن پیاوی درۆزن •

★ (قالَ : يا قَوْمِ ارَأَيْتُمْ إنْ كُنْتُ عَلى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وآتانِي رَحْمَةً مِنْ عِنْدِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ اَنُلْزِمُكُمُوها وأَنْتُمْ لَها كارِهُونَ ؟) (٢٨) ★

جا حەزرەتی نوح (د) دەستی کرد بـە وەلامدانەوەی شوبهەکانیان بە تەرتیب ، وە بۆ رەدی شوبهەی یەکەم فەرمووی : ئەی قەومی خۆم پێم بڵێن : (سلمنا) من ئادەمیزادێکم وەکو ئێوە لە شێوەو قەوارەو خواردنو نوستندا بەڵام ئایا ئەگەر لەم موساواتەدا خودا منی جیاکردبێتەوە بە چەن پایەیێ . وەکو ئەوە کە من لەسەر دڵڕووناکیو سینەگوشادی بم لە لایەنی خوداوە نەك وەکو ئێوە دڵتاریكو سینە تەنگ ، وە خودای تەعالا بـە کەرەمی رەحمەتێکی دابێ بە من بە هۆی صیفەتی ریسالەتو رەهبەرییەوەو عیلمێکی هاویتبێتە دڵمەوە کە لە کاری خۆما دڵئەستوور بم . بەڵام ئەو صیفەتە لە لای ئێوە زۆر نادیارو بێ وجوودو جێگەی شوبهە بێ من چی بکەم لەگەڵ ئێوەدا ؟ ئایا من ئیقرار بەو صیفەتە بە زۆر ئەدەم بەسەر ئێوەدا لە حاڵێکدا ئێوە توانای وەرگرتنی ئەوتانە نەبێ بەڵکو رقتان لێی بێ ؟

بە کورتی راستە وەکو ئێوەم لەم صوورەتەدا بەڵام وەکو ئێوە نیم لە سیرەتاو من رەهبەرم . بەڵام ئێوە مادام تەنازول نەکەن لـەو دەمارە پووچە کە هەتانە سوود وەرناگرن لە من وە لەم خوصووصەوە ئێـوە خۆتان زیان ئەدەن لە خۆتان .

★ (ویا قَوْمِ لا أَسْأَلُکُمْ عَلَیْهِ مالاً ، إِنْ أَجْرِیَ إِلاَّ عَلَى اللهِ وما أَنا بِطارِدِ الَّذِینَ آمَنوا إِنَّهُمْ مُلاقُوا رَبِّهِمْ ولکِنِّي أَراکُمْ قَوْماً تَجْهَلونَ) (٢٩) ★

وە بۆ رەدی شوبهەی دووهەمیان فەرمووی : من لەم مەبەستەمدا کە دەعوەتی ئێوەیە بۆ دینی خوداو تەوحیدی ئـەو وەنەبێ داوای ماڵو دارایی لە ئێوە بکەم هەتا بۆ خاتری ئەو ماڵو داراییە کە لە ئێوەوە دەستم

بکەوێ ئەو پەیڕەوە فەقیرانەی خۆم لـە خۆم دوور بخەمەوەو دڵی ئێوە بەجێبێنم ، بەڵکو ئەجری من بەرابەر بەم مەبەستەم لەســەر خودایەو دەوڵەتو سامان لە لای من قیمەتی نیە ، بەڵکو مەبەستم بڵاوکردنەوەی تەوحیدەو . ئەو موسوڵمانانە مادام ئەهلی تەوحیدن من قـەت ئەوانـە دەرناکەم . چونکی غایەی من بەوان بەجێ هاتوەو ئەوان گەیشتوون بـە ناسینی خودای خۆیانو ئیمانیان هێناوە بـەو خودایە کە تـاقو تەنیایەو زاناو تەوانایە ، بەڵام من باوەڕم وایە کە ئێوە قەومێکن جاهیلو نەزانن و نازانن ئادەمیزاد بە قەوارەو دارایی لە لای خودادا بەرز نابێتەوە بەڵکو بە دینو ئەخلاقو تەواضوعی نەفس ئەبێ بە ئینسانێکی بەحورمەتو ئەو فەقیرانە لەسەر ئەو حاڵەن نەك ئێوە .

★ (وَيَا قَوْمِ مَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللهِ إِنْ طَرَدْتُهُمْ ؟ افَلَا تَذَكَّرُونَ ؟!) (٣٠) ★

وە بـۆ تەئکیدی دەفعی شوبهەی دووهەمیان فەرمووی : ئـەی قەومی من دەلیلی دینی زۆرە لەسەر ئەوە واجبە ئینسان رێز لەو کەسانە بگرێ ئەخلاقیان باشەو بەرابەر بە فەرمانی خودا فەرمانبەردارن ، (بناء علیه) واجبە من بە دڵو زاهیر حورمەتی ئەو پەیڕەوە فەقیرانە بگرم ، وە ئەگەر دەریان بکەم خودا قارم لێ ئەگرێ ، جا کێ ئەتوانێ یارمەتیم بداو لە قاری خودا رزگارم بکا ئەگەر من ئەوانە دەرکەمو ئازاری دڵیان بدەم ؟ ئەجەبا ئێوە بۆچی بیرناکەنەوە هەتا حاڵی بین کە دەمارو فیزی ئێـوە بەسەر ئەوانا بێجێگەیەو لەسەر باوەڕێکی بەتاڵە ؟!

★ (ولا اَقولُ لَكُمْ عِنْدي خَزائِنُ اللهِ ، ولا اَعْلَمُ الغَيْبَ ، ولا اَقُولُ إنّي ملَكٌ . ولا اَقولُ لِلَّذِينَ تَزْدَري اَعْيُنُكُمْ لَنْ يُؤْتِيَهُمُ اللهُ خَيْراً • اَللهُ اَعْلَمُ بِما في اَنْفُسِهِمْ إنّي إذاً لَمِنَ الظّالِمِينَ) (٣١) ★

وە بۆ وەڵامی شوبهەی سێهەمو چوارەم پێتان ئەڵێم : ئێوە لە لاتان وایە کە شەرافەتو پایەو شان ئەوەیە ئینسان ماڵی دنیاو زێرو زیوو حەیواناتو دارایی ببێ . وە یا ئەوەیە کە ئینسان غەیبزان بێو سیڕی پەنامەکی دەربخا . وە یا بەوە ئەبێ کە زاتەن لە عالەمێکی لەطیفو ناسك بێو لەبەر چاوا نەبێ وەکو فریشتەی خودا . بەڵام ئەم شتانە بۆ ئەوە ناشێن ببن بە پایەی بەرزی لە عالەمدا . ئەمسا فریشتە ئەوە قەومێکن خودا بە بێ قابیلیەت بۆ تاوان دروستی کردوونو ناتوانن گوناح بکەن لەبەر ئەوە پایەیان ئەوەندە بەرز نیە کە لەسەر پێغەمەرانو رەهبەرانی گیرۆدەی نەفسو رەحمەتی خۆیانو غەیری خۆیان تەشریف بکرێن ، وە ماڵی دنیایش ئەوە نەبێ کە نەزان ئیعتیمادی بداتە سەر ئیتر قیمەتێکی نیەو کەشفی ئومووری غەیبی (بالذات) هەر لە شانی خودادایە کە وابێ من ئیعلان ئەکەمو پێتان ئەڵێم : من خەزێنەی داراییم لەلا نیەو بەوانەیش نانازمو غەیبو ئەسرارو پەنامەکی نازانم مەگەر ئەوەی خودا پێم‌نیشان بدا لەسەر حیکمەتی خۆیی‌و لە جینسی فریشتەیش نیم ، وە وا حاڵی مەبن کە ریسالەتو رەهبەری لەسەر ئەمانە دامەزراوە ، بەڵکو رەهبەری ئەمەیە خودا ئادەمیزادێ ئیختیار بکاو دڵی نوورانی بکاو شەرعو دینی نیشان بداو رەوانەی بکا بۆ لای قەومێکی نەزانی دوور لـە ئەخلاقو ئاداب ئیرشادیان بکاو بە هۆی تەمێو تەربیەتەوە بیان‌کا بە قەومێ کە لە ژیانی

دنیادا سوود وەربگرن بۆ خۆیانو ببن بە چرای رووناکی دڵی ئەوانەیش لە پاش ئەوان دێن •

کە وابێ ئەو شتانە ئێوە بە هۆی پایەی شەرافەتیان ئەزانن وەها نینو شەرافەت ئەوەیە ئینسان دڵی نوورانی بێ بە ئیمانو نەفسی رازابێتەوە بە خوو رەوشتی باش •

بە گوێرەی ئەمەی بۆم بەیانکردن قەت ناڵێم بەو فەقیرانە کە چاوی ئێوە بە سووکی بۆیان ئەڕوانێ کە خودا خێریان ناداتێ ، بەڵکو خودا فیعلەن خێری پێداون بەوە کە هیدایەتی داون بۆ دینی تەوحید ، وە خودا خۆیشی زاناترە لە ئێمە بەو نوورە وا لە دڵیانا ، مومکینە هەرکام لەوان پایەیەکی زۆر بەرزی هەبێ •

وە ئەگەر من بڵێم ئەو فەقیرانە خاوەن پایە نینو پایەی ئیمانو تەوحیدەکەیان تەقدیر ئەکەم من بە راستی ئەبێ لە تاوانباران بم ، چونکە رەهبەر ئەشێ راستی نیشان بدا نەك حەق ون بکا ، وە مادام حەقی ونکرد ئەوە تاوانبارەو ستەمی لە خەڵك کردوە کە حەقی لێ ون کردوون ، وە ستەمیشی لە خۆی کردوە کە وەزیفەی خۆی جێبەجێ نەکردوە •

★ (قالوا : یا نُوحُ قَدْ جادَلْتَنا فَاَکْثَرْتَ جِدالَنا فَاْتِنا بِما تَعِدُنا إنْ کُنْتَ مِنَ الصّادِقِینَ) (٣٢) ★

جا قەومەکەی حەزرەتی نوح لە مەقامی دڵگرانیو دوورکەوتنەوە لێی وتیان : ئەی نوح تۆ موجادەلەت لەگەڵ ئێمەدا کردو جیدالێکی زۆریشت کرد ، جیدالت کرد بۆ خۆتو بۆ قەومەکەت ، وە هەر شوبهەیێ کە هەرکەسێ لە ئێمە دەری بڕیبو تۆ قسەت لەسەر کرد ئیتر ئێمە تاقەتی

جیدالمان نیە ئەگەر راستەکەی تۆ لەلای خوداوە هاتووی‌و ئەتوانی شتێ بنوێنی بە ئێمە فەرمو ئەگەر تۆ لە راستە راساڵەکانی هەتا پایەت دەرکەوێ •

★ (قَالَ : إِنَّمَا يَأْتِيكُمْ بِهِ اللهُ إِنْ شَاءَ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ) (٣٣) ★

حەزرەتی نوح فەرمووی : ئەی قەومی من ئێوە غەشیمن ، من کەی وتوومە من سزاتان بۆ دێنم ؟! حاشا ! ئەوە هەر خودایە ئەتوانێ سزاتان بۆ رەوانە بکا ئەگەر خواستی لەسەر بێ وە کاتێکیش کە سزای نارد بۆ سەرتان ئێوە ناتوانن بەرەڕەستی بوەستن‌و دەفعی ئەو سزا بکەن •

★ (وَلَا يَنْفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدْتُ أَنْ أَنْصَحَ لَكُمْ إِنْ كَانَ اللهُ يُرِيدُ أَنْ يُغْوِيَكُمْ) ★

وە بە هیچ شێوەیێ ئامۆژگاری من سوود نادا بە ئێوە ئەگەر خواستم بێتە ئامۆژگاری‌کردنتان بە تایبەتی ئەگەر خودا خواستی لەسەر ئەوە بێ بەرابەر بەم هەموو بێ‌ئەدەبی‌و ناسزاییە کە کردتان بیەوێ گومڕاتان بکا •

★ (هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) (٣٤) ★

خودا پەروەردگاری ئێوەیە وە بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوەو خۆی ئەزانێ چیتان لێ‌بکاو چیتان بەسەرا بێنێ •

★ (أَمْ يَقُولُونَ : افْتَرَاهُ ؟ قُلْ : إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي وَأَنَا بَرِيءٌ مِمَّا تُجْرِمُونَ) (٣٥) ★

یاخەیر کافرەکانی قەومی نوح ئەڵێن : نوح خۆی ئەم ئامۆژگاریەی هەڵبەستوە بە زمانی خوداوە ! تۆ بڵێ : ئەگەر من ئەو وتارانەم هەڵبەستبێ

ئەوە تاوانی خۆم لەسەر خۆمەو لەسەر ئێوە نیە ، ئێوە دوورن لە تاوانی منو منیش دوورم لە تاوانی ئێوە •

★ (واوحِيَ إلى نُوحٍ : اَنَّهُ لَنْ يُؤْمِنَ مِنْ قَوْمِكَ إلاَّ مَنْ قَدْ آمَنَ ، فَلا تَبْتَئِسْ بِما كانُوا يَفْعَلونَ) (٣٦) ★

جا وەحی کرا بۆ لای نوح ـ د ـ : بە راستی کەس ئیمان نایەنێ لەم قەومی تۆیە ئەوانە نەبێ کە لەمەوپێش ئیمانیان هێناوە ئیتر دڵگران مەبە لە هەر شتێ ئەیکەن •

★ (واصْنَعِ الفُلْكَ بِاَعْيُنِنا ووَحْيِنا ولا تُخاطِبْني في الَّذِينَ ظَلَمُوا إنَّهُمْ مُغْرَقونَ) (٣٧) ★

پاش ئەوە کە حەزرەتی نوح ـ د ـ ماوەیەکی زۆر لە ناو قەومەکەیا مایەوەو بانگی کردن بۆ تەوحیدو ئەوان موبالاتیان نەکردو بە ئەنواعی رێگەدا تەحقیری ئەتباعیان ئەکرد •• نوح دۆعای شەڕی کرد لەو قەومەو پاڕایەوە لە خودا کە گیانداریان لەسەر عەرزا ببڕێ ، وە خودا وەحی بۆ کرد کەوا من بڕیارم دا ئەو قەومە غەرق بکەمو پێویستە تۆ کەشتیەك دروست بکەیت بۆ خۆتو منداڵو ژنو پەیوەندت لەگەڵ ئەوانەدا کە ئیمانیان هێناوە ، جا خودای تەعالا بە ئیشارەت بۆ لای ئەو کەشتیە کە بڕیاری داوە دروست بکرێ بۆ خۆیو پەیوەندی فەرمووی بە حەزرەتی نوح : تۆ دروست بکە ئەو کەشتیە کە بڕیارمان دا بە چاودێری من کە نەیەڵم دوژمنەکان بیشکێننو لەسەر وەحیو تەعلیماتی من کە چۆنی دروست بکەی کە بەکاری ژیواری ئەوانە بێ کە ئەڕۆنە ناوی ، کە وابێ مەبەس لە کەلیمەی (اعین) چاودێریو پاسکردنە لە لایەنی خوداوە بەو

شێوە کە خۆی فەرمانی داوەو مەبەس لە (وحی) تەعلیمکردنی حەزرەتی نوحـە بۆ بەستنی تەختەکانو داری رایەڵەی ئـەملاولاو سـەرو ژێری کەشتیەکە کە رێکخستنی ئەوانە پێویستی بە ئیرشادێکی رەسایە •

وە فەرمووی : قسەو تکاو رجـام لەگەڵدا مەکـە بۆ رزگارکردنی ئەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە کوفرو لە غەیری خۆیان بە رێگەگرتن لێیان بۆ موسوڵمان بوون ، بە راستی ئەوانە حوکم دراوە بەسەریانا کە ئەوانەن غەرق بکرێن •

★ (ويَصْنَعُ الفُلْكَ) ★

وە حەزرەتی نوح مەشغوولی بو . پاش ئەو ئەمرە بە قەی تەوانا ئەو کەشتی‌یەی دروست ئەکرد •

★ (وكُلَّما مَرَّ عَلَيْهِ مَلأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِروا مِنْهُ) ★

وە هەر کاتێ بە دەوام کە کۆمەڵێ لە قەومەکەی رائەبوردن بەلایا گاڵتەیان پێ‌ئەکرد ، بە ئیعتیباری ئەوە کـە نوح نازانێ کەشتی دروست بکا یا ناتوانێ دروستی بکات وە یا دروستکردنەکەی بێ‌سوودە ، یاخود بە گاڵتەوە پێیان ئەوت : تۆ پێغەمەر بووی وا بووی بە دارتاش !

★ (قـالَ : إنْ تَسْخَروا مِنّـا فـاِنّا نَسْـخَرُ مِنْكُـمْ كَمـا تَسْخَرونَ) (٣٨) ★

ئەویش لە وەڵامیانا ئەیفەرموو : ئەگەر ئێوە گاڵتە ئەکەن بـە ئێمە ئێمەیش لەمەولا کاتێ کە نزیك‌بوونەوە لە خنکان گاڵتەتان پێ‌ئەکەین وەکو ئیستە ئێوە گاڵتە بە ئێمە **ئەکەن** •

★ (فَسَوْفَ تَعْلَمونَ مَنْ يَأْتيهِ عذابٌ يُخْزِيهِ ويَحِلُّ عَلَيْهِ عذابٌ مُقيمٌ) (٣٩) ★

کافرەکان باوەڕیان نەبو بەوە کـە نوح پێغەمەرەو قسەکەی راستەو رۆژێ دێ کە ئەوان بە کەشتی رزگار ئەبن‌و ئەمان گیرۆدەی سزای دنیا ئەبن بە غەرق‌و تووشی سزای قیامەت ئەبن •

بە کورتی لایان وا نەبو کـە کەس هەیە گیرۆدە ببێ ، جـا نوحیش فەرمووی : لە پاشەکاتی نزیکدا حاڵی ئەبن‌و ئەزانن کێ سزایەکی تووش ئەبێ رسوای بکا لە دنیاداو دێتە سەری سزایەکی بە دەوام لە قیامەتا •

★ (حَتَّى إذا جاءَ أَمْرُنا وفارَ التَّنُّورُ قُلْنا : احْمِلْ فِيها مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وأَهْلَكَ ـ إلاَّ مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ القَوْلُ ـ ومَنْ آمَنَ ، وما آمَنَ مَعَهُ إلاَّ قليلٌ) (٤٠) ★

خودای تەعالا وەحی کرد بۆ حەزرەتی نوح : نیشانەی کاتی تۆفان‌و بەرزبوونـەوەی ئاو بەسـەر دنیـادا ئـەوەیـە کـە ئاو لـە تـەنووری نان‌کردنەکەتانەوە دەرئەچێ بـە هێز • وە پاش ئەوە کـە حەزرەتی نوح کەشتیەکەی تەواوکردو چاوەڕێی نیشانەکەی کرد لە ماڵەوە هاتن خەبەریان پێـدا کـە : ئاو لـە تەنوورەکەمانەوە دەرئـەچێ ئـەویش فـەرمانی دا پەیڕەوەکانی حازر بین وە خودا ئەو حەیوانانە کە لە هێلکە پەیدا ئەبن ، وە یا بە زایین ئەزێن جووت جووت حازری کردن • وەکو ئەفەرموێت : تا کاتێ ئەمرمان دا بە تۆفان‌و ، بارانی خورزم لە ئاسمانەوە رژایە سـەر عەرزو زەوی کەوتە تەکان‌و ئاوی فرەئەدایە سەرەوەو تەنوورەکەی ماڵی نوح ئاوی لێ‌هەڵقولا ، وتمان بە نوح : هەڵبگرە لە کەشتیەکەدا لە هەموو

هاولفێك دوان ، واته نێرو مێیەك ، وه ئەهل‌و منداڵ‌و ژن‌و پەیوەندی خۆت هەڵبگرە ـ ئەوانە نەبێ که واتەی من رابوردوه بۆ خنکاندنیان که بریتیه له کەنعانی کوڕی‌و دایکی کەنعان که لەبیرو رادا لەگەڵ کافرەکانا بوون‌و نوحیان به شێت دائەنا ـ وه هەڵبگرە له کەشتیەکەدا هەرکەس که ئیمانی هێناوه به تۆ ، وەلحاڵ ژمارەیەکی کەم ئیمانیان پێ هێنا بوو !

جا ئەمانە چوونە ناو کەشتیەکەوە •

★ (وقالَ : ارْكَبُوا فِيها . بِسْمِ اللهِ مَجْرِيها ومُرْساها إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ) (٤١) ★

وه حەزرەتی نوح فەرمووی : پیرۆزی ناوی خودا هۆی جوولان‌و هاتوچۆی کەشتیەکە بێ تا کاتی جوولانی ، وه هۆی راوەستانی بێ کاتی راوەستانی ، به راستی خودای من تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

★ (وهيَ تَجْرِي بِهِمْ في مَوْجٍ كالجِبالِ ، ونادى نوحٌ ابْنَهُ ـ وكانَ في مَعْزِلٍ ـ : يا بُنَيَّ اركَبْ مَعَنَا ولا تَكُنْ مَعَ الكافِرِينَ) (٤٢) ★

واته ئەو کەشتیەیش ئەوەنە قایم‌و باش دروست‌کرابو که قەومەکە هەرچی تێدا بو ئەیبردن بەسەر ئاوەکەدا له ناو شەپۆلی ئاوی وادا وەکو کێو بەرز بوون‌و به قەد کێو ئەبوون ، واته کەشتیەکە له بەرزبوونەوەو داپەریندا خراپ نەدەبو ، وه یا لەو کاتەدا سواری بوون کەشتیەکە ئەو عالەمەی وا لەناویا رای‌ئەپەڕاندن لـه ناو شەپۆلی بەرزی بـه قـەی کێو گەورەدا • وه نوح ـدـ له کاتی سواربوونی کەشتیەکەدا بانگی کرد له کەنعـانی کوڕی‌و ـ ئەویش لـه کەنارێکدا راوەستابو ـ : ئـەی کوڕی

خۆشەویستم سواری کەشتی ببە لەگەڵ ئێمەدا وە لەگەڵ کافرەکانا مەبە هەتا لەگەڵیانا نەفەوتێی •

وە ئەم بانگکردنەی لـە پاش نەهی خودا کە فەرمووی : (الا من سبق علیه القول) لەسەر ئەو ئەساسە بو کە حەزرەتی نوح وای ئەزانی کەنعان بەر ئەو جیاکردنەوە نەکەوتوە ، یا لـەو کاتەدا سواری کەشتیەکە بوونو ئادەمیزاد کەوتنە بیمو لەرزو پەرێشانیو ترسی گیانەوە •• نوح وەها حاڵی بو کەنعان لە حاڵی خۆی پەشیمان بوەتەوە ، وە یا لەبەر عاتیفەو مەحەبەتی باوکێتی خستیە ئەو خەیاڵەوە بەڵکو لای خودای تەعالا لەبەر کەرەمی زۆری مەجالی عەفوی ببێ •

★ (قالَ : سَآوِي إلى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الماءِ) : ★

کەنعان بە بێباکیەوە وتی : وا لەم کاتەوە ئەڕۆم بۆ سەر کێوێکی بەرزی وا لە تۆفان بمپارێزێ •

★ (قالَ : لا عاصِمَ اليَوْمَ مِنْ اَمْرِ اللهِ ، إلاَّ مَنْ رَحِمَ) ★

حەزرەتی نوح فەرمووی : خاوەن عیصمەتو پارێزراو نیە ئیمڕۆ لەم قاری خوداو لەم تۆفانە کەسێ نەبێ کـە خودا رەحمی پێ کردبێو لـەم کەشتیەدا دانابێ •

★ (وحالَ بَيْنَهُما المَوْجُ فكانَ مِنَ المُغْرَقِينَ) (٤٣) ★

وە لـەو کاتـەدا شەپۆلێکی ئاوی زۆر هـاتو کـەوتە بەینی نوحو کەنعانەوەو لە ئاوەکەدا خنکا •

★ (وقيلَ : يا اَرْضُ ابْلَعي ماءَكِ . ويا سَماءُ اَقْلِعي ، وغِيضَ الماءُ ، وقُضِيَ الاَمْرُ . واسْتَوَتْ على الجُودِيِّ . وقِيلَ : بُعْداً لِلْقَوْمِ الظّالِمينَ) (٤٤) ★

وه له پاش ئه‌وه کــه خودای ته‌عالا به‌و تۆفانه کافره‌کانی کوشت‌و قاره‌که‌ی بڕایه‌وه لــه لایه‌نی په‌روه‌ردگاره‌وه بــه بانگی ته‌ئثیرو ته‌سخیر وترا : ئه‌ی خاك ئاوی خۆت بخۆره‌وه‌و قووتی بده‌ره‌وه زووبه‌زوو ، وه ئه‌ی ئاسمان ده‌سبه‌ردار ببه له ئاو ڕژاندن ! وه فه‌رمانی خودا جێبه‌جێ بو : زه‌وی ده‌ستی کرد به قووتدانی ئاوه‌که‌ی‌و ، ئاسمان ئاوی وێسایه‌وه‌و ، که‌شتیه‌که له‌سه‌ر کێوی (جوودی) ـ له نزیکی شاری (موصل)دا ـ راوه‌ستاو له لایه‌نی خوداو مه‌لائیکه‌ی مه‌ئمووره‌وه وترا : با هه‌ر دوور بکه‌ونه‌وه ئه‌و قه‌ومه کافره سته‌مکارانه .

★ (ونادى نوحٌ رَبَّهُ . فَقالَ : ربِّ ! إنَّ ابْني مِنْ اَهْلي ، وإنَّ وعْدَكَ الحَقُّ ، واَنْتَ اَحْكَمُ الحاكِمينَ) (٤٥) ★

وه حه‌زره‌تی نوح پاش ئه‌وه که له وه‌حی خوداوه ئــه‌مری ئــه‌وه‌ی پێگه‌یشت که هه‌موو ئه‌هلی خۆی بهاوێته ناو که‌شیته‌که‌وه **(الا من سبق عليه القول)** وه به بیری خۆی وای زانی که ئه‌و جیاکردنه‌وه هه‌ر دایکی که‌نعانی به‌رئه‌که‌وێ .. بانگی کردو پاڕایه‌وه له خودای ته‌عالا : ئــه‌ی خودا ! که‌نعانی کوڕم له ئه‌هلی منه‌و تۆیش وه‌عده‌ت داوه به رزگارکردنی ئه‌هلی من‌و تۆ خاوه‌نی حیکمه‌تی له هه‌موو کارێکدا .

★ (قَالَ : يا نوحُ إنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ، إنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صالِحٍ . فَلاَ تَسْئَلْنِ ما لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ، إنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الجاهِلِينَ) (٤٦) ★

خودا وەڵامی نوحی داوەو فەرمووی : ئەی نوح بە راستی کەنعانی کوڕت لە ئەهلی تۆ نیە ؛ چونکی کوفر رشتەی مەحەبەت ئەبڕێو ، بە راستی کەنعان ئەوەندە خراپە (کانە) هەر کردەوەی ناشیرینە ، ئیتر پرسیار مەکەو داوای شتێکی وا مەکە کە نەزانی بوونەکەی حیکمەتو صەوابە . وە من ئامۆژگاریت ئەکەم لەبەر ئەوە حەز ناکەم بکەویتە زومرەی ئەوانەی کە نەزانکارن .

★ (قَالَ : ربِّ إنِّي أَعوذُ بِكَ أَنْ أَسأَلَكَ ما لَيْسَ لي بِهِ عِلْمٌ) ★

جا حەزرەتی نوح بێدار بوەوەو خەبەردار بو لە واقیعی حاڵو عیلمی پەیداکرد کە کەنعانی کوڕی لەگەڵ (واعلە)ی دایکیا لە ئەهلی ئەو جیابوونەتەوەو حوکم دراوە بە خنکاندنیان ، وە زانی کە کەنعان لە کاتی سواربوونی گیانلەبەرەکانا بۆ ناو کەشتیەکە هیچ بیرو باوەڕی نەگۆڕاوەو لەسەر حاڵی کوفری پێشووی ماوە ، جا پاڕایەوە لە خوداو سکاڵای کرد کە صەرفی نەزەری لێ بکاو فەرمووی : ئیتر پەنا ئەگرم بە تۆ لەوە کە لەمەولا داوای شتێکت لێ بکەم کە نەزانم بوونەکەی حیکمەتە ، وە ئەگەر داوای شتێ بکەم ئەڵێم : خودایە ئەگەر ئەو شتە خاریج نیە لە دائیرەی خواستی خۆت بۆمان جێبەجێ بکە .

★ (وإلاَّ تَغْفِرْ لي وتَرْحَمْني أَكُنْ مِنَ الخاسِرِينَ) (٤٧) ★

وه ئەگەر چاوپۆشیم لێنەکەیی‌و میهرەبانی بەکار نەیەنی لەگەلما بۆ چاوپۆشی لەم داواکردنەدا بە راستی داخلی کۆمەلی زیانکاران ئەبم •

★ (قِيلَ : يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ) ★

جا لــە لایەنی خوداوە دەرگای میهرەبانی تایبەتی کرایەوەو خــودا صەرفی نەزەری کرد لە نوح لە بابەتی ئەو داوایانەوە کردبووی‌و وەحی هات بۆ لای نوح‌و فەرمانی پێدرا کــە : لــە کەشتیەکەت بێرەخوارەوە لەگەڵ هێمنی‌و پیرۆزی‌و بەختیاری لە لایەنی ئێمەوە بۆتان‌و لەگەل فەرو بەرەکاتێ لەسەر خۆت‌و لەسەر ئەو ئوممەتانە وان لەگەڵتا لە سەفینەکەدا •

★ (وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ) (٤٨) ★

وە لە نەتەوەی ئێوەدا چەن ئوممەتێ هەن کە لەمەولا ژیواری خۆشیان پێئەدەین تا دەوام ئەکەن لەسەر تاعەت‌و فەرمانبەرداری‌و لە پاشا دەست ئەکەن بە سەرکێشی‌و یاخی‌بوون جا لەسەر یاساو سونەتی خۆم بەرابەر بە سەرکێشەکان سزایەکی سەخت‌و ئاگەواریان بۆ حەواڵە ئەکرێ‌و لێیان ئــەدا •

ریوایەت کراوە : کــە شوێنی ئەو کەشتی‌دروستکردنەی حەزرەتی نوح (کوفە) بوە • وە بازێ ئەڵێن : لە ولاتی (جزیرە) بوە لە شیمالی موصلەوە . وە ئەم ریوایەتە نزیکترە لــە واقیعەی دابەزینی کەشتیەکەی لەسەر کێوی (جودی) لە نزیکی موصلدا • وە ریوایەت کراوە ماوەی شەش مانگ یانی لە دەی رەجەبەوە تا دەی موحەڕەم ئەو کەشتیە بەسەر ئاوی تۆفانەوە بوە ئەوسا لەسەر کێوی جودی دامەزراوە •

★ (تِلْكَ مِنْ اَنْباءِ الغَيْبِ نوحِيها إِلَيْكَ ، ما كُنْتَ تَعْلَمُها اَنْتَ ولا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هذا ، فاصْبِرْ إِنَّ العاقِبَةَ لِلمُتَّقينَ) (٤٩) ★

ئائەو باسی حەزرەتی نوحەو قەومەکەیو باسی تۆفانو کەشتیو هێشتنەوەی بازێكو کوشتنی بازێ لەوان .. بازێ بو لە هەواڵی پەنامەکی بە وەحی بە تۆمان راگەیاند ، تۆ لەمەوپێش ئەو باسانەت نەئەزانیو قەومەکەیشت نەیانئەزانی لە پێش ئەم بەیانی ئێمەدا . جا مادام خودا تۆی کرد بە جێگەی زانستی هەواڵی پەنامەکیو تۆی کرد بە رەهبەر خۆت بگرە لەسەر ئازاری قەومەکەتو بزانە ئەنجامی خێرو گەیشتن بە مەرام بۆ ئەو کەسانەیە کە لە خودا ئەترسنو لەسەر فەرمانی ئەو ئەڕۆن .

★ ★ ★

★ (وإلى عادٍ اخاهُمْ هوداً ، قالَ : يا قَوْمِ اعْبُدوا اللهَ ، ما لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرُهُ ، إنْ اَنْتُمْ إلاَّ مُفْتَرونَ) (٥٠) ★

رەوانەمان کرد بۆ لای قەومی (عاد) برای خۆیان (هود) . ئەویش مەنعی کردن لە بتپەرستیو پێی فەرموون : بەندەیی بکەن بۆ زاتی پاکی خوداو ئێوە غەیری ئەو خوداتان نیەو ئێوە لەم کاری ناباری بتپەرستیەدا! کۆمەڵێکی درۆزنو درۆهەڵبەسنو بە درۆ ئەڵێن خودا شەریکی هەیە .

ئەڵێن : هود کوڕی عەبدوڵلای ، کوڕی رەباحی . کوڕی خولوودی . کوڕی عادی . کوڕی عەوصی ، کوڕی ئیرەمی ، کوڕی سامی ، کوڕی نوح ـدـ بوە ، وە قەومی هود بتپەرست بوونو بتەکەیان ناوی (هتار) بو ، وە وڵاتەکەیان خاکی (ئەحقاف) بو لە شیمالی (حضرموت)دا ، وە

زەوی (روبعی خالی) بێ ئاوەدانی وا لــە شیمالی ئەحقافــەوەو عومـان کەوتودتە خۆرهەلاتیانەوە ، وە ولاتەکەیان هەروا بە چۆلی ماوەتەوە . وە تا ئیستە دەست نەبراوە بۆ کەشفکردنی •

★ (يا قَوْمِ لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً ، إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى الَّذي فَطَرَني . أَفَلا تَعْقِلونَ ؟) (٥١) ★

وە هود فەرمووی : ئەی قەومی خۆم من لەسەر ئەم بانگکردنی ئێوە بۆ تەوحید داوای پاداش‌و هەقی هاتوچۆ لە ئێوە ناکەم ، من پاداشم نیە لەسەر ئەو خودایە نەبێ کــە منی لــە نەبوون دروستکردوە ، ئایا ئێوە ناتوانن عەقڵ‌و هۆشی خۆتان بەکار بێنن بۆ ئەوە بزانن کە ئێمە بە دلێکی پاك ئێوە بانگ ئەکەین بۆ رێگەی رووناك‌و لــەو رێگەوە ئێوە ئەتوانن بگەن بە مەقسوودی حەق •

★ (ويا قَوْمِ اسْتَغْفِروا رَبَّكُمْ ثُمَّ توبُوا إِلَيْهِ ، يُرْسِلِ السَّماءَ عَلَيْكُمْ مِدْراراً ويَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلى قُوَّتِكُمْ ولاَ تَتَوَلَّوْا مُجْرِمينَ) (٥٢) ★

وە فەرمووی : ئەی گەلی خۆم داوای تاوانبەخشی لە خودا بکەن با لەم کردەوە خراپانەو لەم بیرو باوڕە ناشیرینانە عەفوتان بکا ، پاش ئەوە بە پاشی‌و ساغی بگەڕێنەوە بۆ لای خــودا ئەویش لەسەر وەعدی خۆی ئاسماتتان بۆ رەوانە ئەکا بە بارانڕێژی ، وە هێزی ترتان بۆ زیاد ئەکا لەسەر ئەو هێزە کە ئیستە هەتانە وە پشت لە خوداو لە دەرزی رەهبەری راست هەڵمەکەن‌و بە تاوانباری مەمێننەوە •

★ (قالوا : يا هودُ ما جِئْتَنا بِبَيِّنَةٍ ، وما نَحْنُ بِتارِكي آلِهَتِنا عَنْ قَوْلِكَ . وما نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ) (٥٣) ★

ئەوانیش لە وەلامی هودا وتیان : ئەی هود تۆ هیچ دەلیلو شاهیدێکی راسالّت نەهێناوە بۆ ئێمە ببێ بە دەلیل لەسەر ئەوە کە تۆ رەهبەریو ئێمە تەرکی پەرستیاری ئەم بتانی خۆمانە ناکەین لەسەر وتاری تۆو ئێمە باوەڕمان نیە پێت .

★ (انْ نَقُولُ : إلاَّ اعتراكَ بَعْضُ آلِهَتِنا بِسُوءٍ) ★

بەڵکو زیاد لەوە کە قسەکانت وەرناگرین هەر ئەمە بە تۆ ئەڵێین کە تۆ لەگەڵ بتەکانی ئێمەدا میانەت نیەو بە سووکی باسیان ئەکەیو بازێ لەوانیش دەستیان لێ وەشاندوویو شێتیان کردووی .

★ (قالَ : إنّي اُشْهِدُ اللهَ واشْهَدوا أنّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكونَ (٥٤) مِنْ دونِهِ ، فَكِيدوني جَميعاً ثُمَّ لا تُنْظِرونِ) (٥٥) ★

حەزرەتی هود فەرمووی بە قەومەکەی : بە راستی من خودای عالەم ئەکەم بە شایەتو ئێوەیش شایەتی بدەن کە : من بەریمو دوورم لەو بتانەی ئێوە کە ئەیانکەن بە هاوڕێی خوداو ئەیانپەرستنو لە خودا لائەدەن ، دوورم لەوان لەوەدا نرخیان بۆ دابنێم ، وە دوورم لەوە بیانپەرستم . وە دوورم لەوەیش بە شتێکی وایان بزانم باسیان بکەم ؛ چونکی ئەوانە بەردو دارێکی بێ ئاسارو بێ ئازارنو دوورن لە هەموو نرخو قیمەتێ . جا فەرموون ! ئێوە زۆرو من کەمو ئێوە خاوەن هێزو من بێ دەستەلات ، بێن بە هەموو

نەوعە حیلەو فێڵێ بۆ ئازاردانی من . وە هیچ مۆڵەتم مەدەن بزانم ئەتوانن زیانێکم لێ بدەن !

★ (إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ) ★

بـە راستی من ئیعتیمادم داوە لەسەر زاتی خودا کە پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەیە •

★ (مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا . إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٥٦) ★

ئێوە نافامنو نازانن ! هیچ گیانداریێ نیە بڕوا بەسەر زەویدا ئیللا خودای تەعالا پێشی سەری ئەو گیانلەبەرەی گرتوە (واتـە هـەر خودا ئاگاداری ئەکاو ئەیپارێزێ) • بە راستی خودای من کە پەروەردگاری عالەمە لەسەر رێگەیەکی راستو لەسەر یاسایەکە شایاو بێ بە تەواناییو زانایی خۆی ، کەس ناتوانێ ئەو یاسا بگۆڕێو بەرانبەری خودا بکا •

★ (فَإِنْ تَوَلَّوا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْماً غَيْرَكُمْ وَلا تَضُرُّونَهُ شَيْئاً . إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ) (٥٧) ★

جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵبکەن لە حەقو دەرزی رەهبەر وەرنەگرن من مەقسەدم نیە ; چونکی من وەزیفەی خۆم کە ئامۆژگاریو گەیاندنی پەیامە بەجێمهێناو گەیاندم پێتان ئەوەی کە رەوانەکراوم پێی ، وە بزانن مادام پشت هەڵبکەن لە پەیامی خودای تەعالا خودا ئێوە ئەفەوتێنێو قەومێ تر لە پاش ئێوە دێنێ ; چونکی بە راستی خودای من لەسەر هەموو شتێك ئاگادارو نیگابانە ئەزانێ بە کردەوەتان ، وە ئەتوانێ تۆڵەتان لێوەربگرێ •

★ (ولمَّا جاءَ امْرُنا نَجَّيْنا هوداً والَّذينَ آمَنوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا ونَجَّيْناهُمْ مِنْ عذابٍ غَليظٍ) (٥٨) ★

وە کاتێ کە فەرمانمان دەرکرد بۆ لەناوبردنی قەومی عاد بە سزا .. هودو ئەوانە ئیمانیان هێنابو لەگەڵیا رزگارم کردن بە میهرەبانی خۆمان وە رزگارم کردن لەو سزا زۆر زبرە نابارە ، وە سەمومی گەرمی ژاراویم نارد بۆیان ئەچو بە لووتو دەماخیاناو ناوسکیانی ئەکولاندو ئەمردن ، وە قەومی عاد ـ ئەوانە نەبێ کە ئیمانیان هێنابو بە هود ـ هەموم بەم دەردە خراپە لەناوبرد .

★ ★ ★

★ (وتِلْكَ عادٌ جَحَدوا بِآياتِ رَبِّهِمْ وعَصَوْا رُسُلَهُ ، واتَّبَعوا اَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنيدٍ) (٥٩) ★

ئا ئەوە باسمان کردن قەومی عاد بوون ئینکاری ئایاتی خودایان کردو نافەرمانی رەهبەرەکانیان کرد (واتە هودو موسوڵمانەکان وە یا ئەوەی کە نافەرمانی پێغەمەرێ بکا نافەرمانی هەموو پێغەمەرانی کردوە) وە کەوتنە شوێن فەرمانی نارەوای هەموو ستەمکارێکی سەرکێشی بێ هۆشی بایی‌و ناسزاو دژی دادگەری‌و یاسای خودایی .

★ (واُتْبِعوا في هذِهِ الدُّنْيا لَعْنَةً ويَوْمَ القِيامَةِ) ★

وە لەم دنیادا لەعنەت‌و دژوێن‌و نەفرین کەوتە شوێنیان (واتە نەفرین بە شوێنیانا حەواڵە کرا) وە لە رۆژی قیامەتیشا هەر لە لایەنی فریشتەکانەوە نەفرین حەواڵە ئەکرێ بە دوایانا .

★ (ألا إنَّ عاداً كَفَرُوا رَبَّهُمْ . ألا بُعْداً لِعادٍ قَوْمِ هودٍ) (٦٠) ★

بێداربنەوە کە قەومی عاد کوفری خودای خۆیانیان کرد . بێدار بن یاخوا دووری لە فەڕو پیرۆزی بۆ عادی قەومی هود بێ •

★ ★ ★

★ (والی ثَمودَ اخاهُمْ صالِحاً) ★

وە رەوانەمان کرد بۆ لای قەومی ثەمود برای خۆیان صاڵحی کوڕی عبیــدی . کوڕی ئەسەفی . کوڕی ماشــخی . کوڕی عوبەیدی . کوڕی حازری . کوڕی ثەمودی ، کوڕی عادی . کوڕی عوصی ، کوڕی ئیرەم • ئەم قەومی ثەمودە ئەڕۆنەوە سەر عادو لە پاش فەوتانی قەومی عاد لــە ئەحقافدا هاتن لە وڵاتی (حجر) لە بەینی حیجازو شامدا لــە جەنووبی شەرقی عەرزی (مەدیەن) کــە هاوسنووری خەلیجی عەقــەبەیە جێگەیان گرتو لە کێوەکانا هۆدەیان لە بەرد ئەتاشیو دەسکاری بەردتاشی باو بوو لەناویانا ، وە (مەدائینی صالح) ئیمڕۆیش شوێنەوارو نیشانەی بە زۆری دیارەو ماوەتەوە ، وە جێگە شارەکەیان ئیستە مەشهوورە بە (فج الناقة)و گەلێ شوێنەواری تێدا ماوەتەوەو تەئریخی ئەمانە لە پێش زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمدا ــدــ بوەو ئاینیان بتپەرستی بوە •

★ (قالَ : یا قَوْمِ اعْبُدوا اللهَ ما لَکُمْ مِنْ إلهٍ غَیْرُهُ) ★

فەرمووی : ئــەی قەومی خۆم عیبادەتی پەروەردگاری تاقو تەنیــا بکەن کە ناوی (الله)یەو بێجگە لەو خواتان نیە •

★ (هو أنْشَأَکُمْ مِنَ الأرْضِ واسْتَعْمَرَکُمْ فیها) ★

هەر ئەو ئێوەی لــە عەرزا دروست کردوەو کردوونی بــە خاوەن

عومرو ژیان وە یا کردوونی بە خاوەن ئاوەدانیو مەعموورە لە عەرزا . واتە هێزو دەستەڵاتی پێداون کە وڵاتەکەتان ئاوەدان کردوەتەوە بە جۆرێ کە لە هۆی ژیانو بەرگری دوژمندا پێویستتان بە خەڵك نیە بۆیە وا توغیانتان کردوەو بایی بوون بە خۆتانو دەسدرێژی ئەکەن بەسەر دراوسێکانتانا •

★ (فاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ) ★

جارێ بەر لە هەموو شتێك داوای بەخشینی تاوانەکانتانی لێ بکەن ، وە پاش ئەوە بە ساغی بگەڕێنەوە بۆ لایو عیبادەتی ئەو بکەن بە تەنیاو بکەونە شوێن یاسای دامەزراوی خودایی •

★ (إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ) (٦١) ★

بە راستی خودای من نزیکە لە هەموو کەسێکەوەو لاڵەو پاڵەی هەموو کەس ئەبیێو دۆعای ئەوان قەبووڵ ئەکا •

★ (قالُوا : يا صالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينا مَرْجُوّاً قَبْلَ هٰذا) ★

ئەوانیش لە وەڵامی ئەوا وتیان : ئەی صالح بە راستی تۆ لەمەوپێش لەناو ئێمەدا ئینسانێکی باش بووی وەها کە ئومێدی پیرۆزیمان بو بە تۆو ئەمانوت : لە رۆژێکدا بەکارمان دێو سوودی ئەبێ بۆمان •

★ (اتَنْهانَا أَنْ نَعْبُدَ ما يَعْبُدُ آباؤُنَا ؟) ★

ئیستە لە باتی ئەوە یارمەتیمان بدەی مەنعمان ئەکەی لەوە کە دینی خۆمان بەجێ بێنینو عیبادەتی ئەو بتانە بکەین کە باوکو باپیرەمان عیبادەتیان بۆ کردوون ؟

★ (وإِنَّنا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدعونا إِلَيْهِ مُرِيبٍ) (٦٢) ★

وە جگە لەوە کە ئێمە تۆ لەسەر حەق نازانین تۆیش بەڵگەیەکت نیە لەسەر راستی ئەو دینە کە ئێمەی بۆ بانگ ئەکەیو ئێمـە واین لـە گومانو دوودڵیدا لەم دینە . دوودڵیەکی زۆر ناباری ناهەموار .

★ (قالَ : يا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنْتُ على بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وآتانِي مِنْهُ رَحْمَةً ؟ فَمَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللهِ إِنْ عَصَيْتُهُ ؟ فَما تَزِيدونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ !) (٦٣) ★

جا حەزرەتی صالح فەرمووی : ئەی قەومی خۆم پێم بڵێن ئەگەر من کە داوای ریسالەت ئەکەم لەسەر بورهانو دەلیلی خۆم بوومو خودا لە لایەنی خۆیەوە رەحمەتو رەهبەرییەکی دابێ بە من ؟ لەم صوورەتەدا من چۆن ئەتوانم بێدەنگ بم لە مەنعی بتپەرستیو دەعوەتی ئێوە بۆ دینی تەوحید ؟ وە ئەگەر من بکەومە شوێن ئێوە زیان زیاتر هیچم بۆ زیـاد ناکەن . جا من قەت ناتوانم بێدەنگ بم لە تەبلیغ چونکی ئەگەر بێئەمری خودا بکەم کەس نیە من رزگار بکا لە سزای خودا .

هەروا صالح بانگی ئەکردن بۆ خوداپەرستی هەتا لە رۆژێکی جەژنی گشتیدا قەومەکەی هەموو حازر بووبوون ئەویش رۆیشت بۆ ناویانو بە شێوەی گشتی دەعوەتی کردن بۆ تەوحید ، لەوێدا گەورەیەکیان بو ناوی (جندع) بو وتی : ئەگەر تۆ راستە پێغەمەری خودای موعجیزەیەکمان بۆ دەربخە ! صالح فەرمووی : چیتان ئەوێ ؟ جندع ئیشارەتی کرد بۆ بەردێکی گەورە لەو شوێنەدا ، وتی : لەو بەردە گەورە وشترێکمان بۆ دەر بکە کە ئاوس بێو دە مانگ لەسەر سکەکەی رابوردبێ ، جا حەزرەتی

صالح دەستی کرد بە پاڕانەوە لە خوداو خودا دۆعاکەی قەبوڵ کردو بەو شێوە ئەوان ویستیان خوا وشترێکی لەو بەردە دەرکرد ، لەسەر ئەم موعجیزە جندعو بازێ لە قەومەکەی موسوڵمان بوو بازێکیان هەر لەسەر کوفری خودا مانەوە •

★ (ویا قَوْمِ هذهِ ناقَةُ اللهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوها تأْكُلْ في أرْضِ اللهِ ولا تَمَسُّوها بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذابٌ قَرِيبٌ) (٦٤) ★

جا حەزرەتی صالح لەسەر تەعلیماتی خودا رووی کردە قەومەکەیو فەرمووی : ئەی قەومی من ئا ئەوە بە چاو ئەیبینن ئەو وشترەیە کە داواتان کردو خودا بۆی دروستکردن ، وازی لێبێنن بلەوەڕێ لەم زەوی خوداداو دەستی بۆ مەبەن بە ستەمو ئازاردان ئەنا زوو بەزو خودا سزاتان ئەداتەوە لەسەر ئەوە کە لە ئایاتی تردا باس کراوە ، صالح فەرمووی : ئەبێ ئاوی حەیواناتی ئێوە بەش بکرێ رۆژێ بۆ ئەم وشترە بێو رۆژێ بۆ هەموو حەیوانەکانی ئێوە بێو تا چەن رۆژێ لەسەر ئەم وەزعە دەوامیان کرد •

★ (فَعَقَرُوهَا) ★

جا چەن کەس لەو قەومە بڕیاریان دا کە ئەو وشترە بکوژن . وە (قدار)ی کوڕی (سالف)یان نارد چوارپەلی وشترەکەی بڕی لەسەر ئەمری ئەوان ، بۆیە خودا نیسبەتی کارەکەی داوە لــە هەموویان ، وە گۆشتەکەیان بەش کردەوەو خواردیان ، وە صالح لەو کاتەدا حازر نەبو ، پاش ئەوە کە بە رووداوەکەی زانی هات بۆ ناویانو هەڕەشەی لێکردن •

★ (فقالَ : تَمَتَّعُوا في دارِكُمْ ثلاثَةَ أيَّامٍ) ★

فەرمووی : رابوێرن بە ئارەزووی خۆتان لە ماڵی خۆتانا تا ماوەی

سێ رۆژ : چوارشه‌مه‌و ـ پێنجشه‌مه‌و ، جومعه ـ وه له پاش ئه‌و رۆژانه به‌هیلاك ئه‌چن •

★ (ذٰلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ) (٦٥) ★

ئه‌و وه‌عده‌ی سێ رۆژه كه بۆمان دانان وفه‌وتانیان دوای ئه‌و وه‌عده وه‌عده‌یه‌كی راسته‌و درۆی تێدا نیه •

★ (فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحاً وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ ـ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ) (٦٦) ★

جا كاتێ فه‌رمانمان ده‌ركرد به له‌ناوبردنی قه‌ومی صالح ـ صالح‌و ئه‌وانه ئیمانیان هێنا بو له‌گه‌ڵیا رزگارمان كرد به هۆی میهره‌بانی خۆمانه‌وه له سزای رۆژی قیامه‌ت‌و له رسوایی ئه‌و رۆژه ، به راستی خودای تۆ خاوه‌ن ته‌وانایه‌و زاڵه به‌سه‌ر خواستی خۆیدا •

★ (وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ) ★

وه ئه‌و كۆمه‌ڵه سته‌مكارانه‌ی گرت ده‌نگی به هه‌یبه‌تی فریشته‌و به بوومه‌له‌رزه‌ی عه‌رز ولاته‌كه‌یان ژێره‌وژوور بو •

★ (فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ) (٦٧) ★

وه لـه ولاته‌كانیانا مانه‌وه به له‌شی بێ‌گیانی كه‌وتو ؛ بازێ له‌سه‌ر عه‌رزو ، به‌شێ له ژێر عه‌رزا •

★ (كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا) ★

وایان به‌سه‌را هات (كأنه) ئه‌و قه‌ومه هـه‌ر لـــه ولاتا نه‌بوون‌و سوودێكیان نه‌بوه تیایا •

★ (ألا إنَّ ثَمودَ كَفَرُوا رَبَّهُمْ . ألا بُعْداً لِثَمودَ) (٦٨) ★

بێداربنەوە کە ئەم کارەساتە بێ‌هۆ نەبو ، بەڵکو لەسەر ئەوە بو کە قەومی ثەمود کوفری خودای خۆیانیان کرد . بێدار ببنەوە ! یاخودا دووری لە ژین‌و ژیوار بۆ قەومی ثەموود بێ .

★ ★ ★

★ (وَلَقَدْ جاءَتْ رُسُلُنا إبْراهِيمَ بِالبُشْرى ، قالُوا : سلاماً ، قالَ : سلامٌ . فَما لَبِثَ أنْ جاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ) (٦٩) ★

وە بە ڕاستی فریشتە مەئموورەکانم هاتن بۆ لای ئیبراهیمی خەلیل لەگەڵ موژدەی پەیدابوونی منداڵ بۆ سارە خاتوون حەرەمی ئیبراهیم ، وە کاتێ گەیشتنە مەنزڵ سەلامیان کرد لە حەزرەتی ئیبراهیم ئەویش زۆر بە ئیهتیسام‌و گەرمی دڵ جوابی دانەوەو ڕۆیشت ئەوەندەی پێ‌نەچو هاتەوە بۆ لایان گوێرەکەیەکی لەسەر بەرد برژاوی وای بۆ هێنان کە بە ڕۆنی چەوری خۆی عەرەقی کردبو ، لە بەردەمیانا دایناو فەرمووی : بیسمیللا بخۆن !

★ (فلَمَّا رأى أيدِيَهُمْ لا تَصِلُ إلَيْهِ نَكِرَهُمْ ، وأوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً ؛ قالُوا : لا تَخَفْ ! إنَّا اُرْسِلْنا إلى قَوْمِ لوطٍ) (٧٠) ★

کاتێ کە تەماشای کرد دەسیان نابەن بۆ گۆشتەکەو نایخۆن بە پیاوی باشی نەزانین‌و لە دڵی خۆیا لێیان ترساو وا هاتە بەرچاوی کە دوژمنن‌و خەیاڵیان خراپە ، ئەوانیش لەو حاڵەدا عەرزیان کرد : مەترسە ! ئێمە خەیاڵی خراپەمان نیەو ئێمە مەئموری خوداین‌و ڕەوانە کراوین بۆ سەر قەومی لوطی برازات .

★ (وامرأته قائمة فضحكت . فبشرناها باسحاق . ومن وراء اسحاق يعقوب) (٧١) ★

وه لــەو کاتەدا ژنەکەی حەزرەتی ئیبراهیم راوەستابو لـــە پشتی پەردەیەکەوە پێکەنی لە بیستنی وتاری فریشتەکان لەبەر ئەوە کە ترسیان لە دڵدا نەما . یا لەبەر ئەوە کە ئاگادار بو لەسەر مەحوکردنەوەی قەومی لوط کە قەومێکی بێ حەیاو بێ ئەدەب بوونو بە شوێنی ئەو شادمانیەدا لەسەر زمانی فریشتەکانمان موژدەمان پێدا بەوە کوڕێکی ئـەبێ نـاوی ئەنێن ئیسحاقو لە ئیسحاقیش کوڕێك ئەبێ ناوی ئەنێن یەعقووب •

★ (قالت : يا ويلتى أألد وأنا عجوز وهذا بعلي شيخاً ؟! إن هذا لشيء عجيب !) (٧٢) ★

سارە خاتوون کە ئەو موژدەیە بیست لــە فریشتەکان فەرمووی : ئەی هاوارم چۆن من منداڵم ئەبێ وەلحاڵ من پیرەژنێکم لــە ســکوزا کەوتووەو ئەمەیش مێردەکەمە بەم پیرییە ؟! بە راستی ئەمە شـــتێکی عەجیبە !

★ (قالوا : أتعجبين من أمر الله ؟ رحمة الله وبركاته عليكم أهل البيت . إنه حميد مجيد) (٧٣) ★

ئەوانیش وتیان : ئایا تۆ سەرت سوڕئەمێنێ لە کاری خودای تەوانا ؟ رەحمەتو پیتی بەختیاریتان بەسەرا برژێ ئەی ئەهلی خانەوادەی رەهبەری ، نە . نە . تەعەجوب مەکەن بە راستی خودا خاوەنی هەموو نیعمەتێکە کە شایاوی ئەنایە لە هەمو هۆشیارێکەوەو خێرو بەرەکەتی زۆرە •

★ (فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إبْراهيمَ الرَّوْعُ وجاءَتْهُ البُشْرى يُجادِلُنا في قَوْمِ لُوطٍ) (٧٤) ★

کاتێ کە ترس و بیم لای دا لە دڵی ئیبراهیم و موژدەیشی بۆ هات بە پەیدابوونی منداڵ لەو تەمەنەدا وە لە خۆی هێمن بووەوە دەستی کرد بە رەدو بەدەڵکردن لەگەڵ ئەو فریشتانەدا کە چۆن ئەبێ ئەو قەومە مەحو بکەنەوە ؟ لەگەڵ ئەوەدا لوط وا لە ناویاناو چەن منداڵی بێ تاوانیان هەیەو چەن ژن و فەقیری بێتاوانیان لە ناوایە !

★ (إنَّ إبْراهيمَ لَحَليمٌ أوَّاهٌ مُنيبٌ) (٧٥) ★

بە راستی ئیبراهیم ئینسانێکی بە حەوصەڵەو ئەسەفخۆرە لەسەر تاوان وە زۆر گەڕاوەیە بۆ لای خودا ؛ چونکی لە عەینی کاتا کە داوای مۆڵەتی ئەکرد بۆ قەومی لوط بەڵکو بیربکەنەوەو تۆبە بکەن دڵگرانیشە لێیان لەسەر تاوانەکانیان •

★ (يا إبْراهيمُ أعْرِضْ عَنْ هَذا) ★

وەحی بۆ هات لە بارەگای خوداوە یا عەرزی کرا لە لایەنی فریشتەکانەوە وتیان : ئەی ئیبراهیم واز بێنە لەم تکاو لاڵەو پاڵە ؛ چونکی کاتی نەماوە •

★ (إنَّهُ قَدْ جاءَ أمْرُ رَبِّكَ) ★

بە راستی کە فەرمانی خودا صادر بوە لەسەر سزای ئەو قەومە •

★ (وإنَّهُمْ آتيهِمْ عذابٌ غَيْرُ مَرْدودٍ) (٧٦) ★

وە بە راستی هات بۆ ئەو قەومی لوطە سزایەکی نەگەڕاوەو ئیشەکە تەواو بوە •

★ (ولمَّا جاءَتْ رُسُلنا لوطاً سِيءَ بِهِمْ وضَاقَ بِهِمْ ذَرْعاً) ★

جا کاتێ ئه‌و فریشته ره‌وانه‌کراوانه هاتن بۆ ماڵی حه‌زره‌تی لوط به هۆی هاتنی ئه‌وانه‌وه دڵی زویر بو به هاتنیان ؛ چونکی ئه‌وان هاتنــه پێشه‌وه له شێوه‌ی ئاده‌میزادی جوانی سه‌رو سیمادارا . وه بیسی بوو که قه‌ومه‌که‌ی له‌سه‌ر یاسای ناشیرینی خۆیان بێن بۆ ئه‌و میوانانه •

★ (وقالَ : هذا يَوْمٌ عَصِيبٌ) (٧٧) ★

وه فه‌رمووی : ئیسڕۆ رۆژێکی نابارو ناهه‌مواره •

★ (وجاءَهُ قوْمُهُ يُهْرَعونَ إلَيْهِ) ★

وه پاش دانیشتنی میوانه‌کان قه‌ومه نامه‌رده‌کانی وا به په‌له هاتن بۆ لای ماڵی حه‌زره‌تی لوط (کانه) ده‌ستیان پێوه ئه‌نرێ •

★ (ومِنْ قَبْلُ كانُوا يَعْمَلونَ السَّيِّئاتِ) ★

وه پێش ئه‌مه‌یش هه‌ر به ده‌وام کرده‌وه‌ی خراپه‌یان ئه‌کرد •

★ (قالَ : يا قَوْمِ هؤُلاءِ بَنَاتِي هُنَّ أطْهَرُ لَكُمْ فاتقوا الله) ★

حه‌زره‌تی لوط (د) له‌به‌ر ریعایه‌تی شه‌ره‌فی خۆی که ئه‌و که‌سانه هاتوونه‌ته ماڵی ئه‌و فه‌رمووی به‌و قه‌ومه فاسیده : ئا ئه‌وانه که ئه‌یان‌بینن کچی منن‌و ماره‌یان ئه‌که‌م لێتان‌و ئه‌وان که ماره‌کران له‌سه‌ر یاسای دین پاکترن‌و موناسبترن بۆ ئێوه نه‌ك ئــه‌و کرده‌وه ناپه‌سه‌نده که ئێــوه ئه‌یکه‌ن • وه یاخود مه‌به‌س له کچه‌کانی ژنه‌کانی ئه‌و قه‌ومه‌یه . واته ئێوه خۆتان ژنتان هه‌یه‌و ژنه‌کانتان که وه‌کو کچی ئێمه وه‌هانه باشترن بۆ ئێوه‌و ته‌مه‌توع به‌وان موناسبتره له ته‌مه‌توع به‌و پیاوه میوانانه : ده له خــودا بترسن‌و خۆتان بپارێزن له نافه‌رمانی خودا •

★ (ولا تُخْزونِ في ضَيْفي) ★

گیرۆدەی رسواییم مەکەن‌و رسوام مەکەن لــە بێحورمەتکردنی میوانەکانما •

★ (اَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشيدٌ ؟) (٧٨) ★

ئایا لە ناو ئێوەدا پیاوێکی مەردی خاوەن کەرامەت‌و خاوەن نامووس نیە کە مەصلەحەتی خۆی‌و دراوسێ‌و میوان رابگرێ‌و کاری شــەرمئاوەر نەکا ؟

★ (قالُوا : لَقَــدْ عَلِمْتَ ما لَنا في بَناتِكَ مِنْ حَقٍّ وإنَّكَ لَتَعْلَمُ ما نُريدُ) (٧٩) ★

ئەوانیش وتیان : تۆ خۆت زانیوتەو ئەزانی کە ئێمە هیچ حەقێ‌و دڵخوازێکمان دەربارەی کچەکانت نیەو بــە راستی ئەزانی ئێمە چیمان ئەوێ‌و ئیتر سوود لەم وتارانەدا نیە !

★ (قــالَ : لَوْ أنَّ لي بِكُــمْ قُــوَّةً أوْ آوِي إلى رُكْــنٍ شَديدٍ !) (٨٠) ★

حەزرەتی لوط پاش نائومێد بوون لــەو بێکەرامەتانە فەرمووی : کاشکی من خۆم هێزێکم ببوایە هەتا چارەی ئەم بێشەرمی‌و زیادەڕەوی ئێوەمە پێ بکردایە ، وە یاخود گەورەو سەرۆکێکی بە نامووس‌و خاوەن دەستەڵات ئەبو لەم وڵاتەدا کە برۆشتمایە بۆ لای‌و پەنام پێببردایە ! وەکو ئەڵێن : (یا خۆت مەرد بە ، یا لە پەنای مەردا بە) •

★ (قالُوا : يا لوطُ إنّا رُسُلُ رَبِّكَ لَنْ يَصِلُوا إلَيْكَ) ★

جا فریشتەکان وتیان بە لوط : ئەی لوط ئێمە ئادەمیزاد نین ، بەڵکو

ئێمە فریشتەین‌و رەوانەکراوانی خودای تۆین ؛ وە بۆ بەجێهێنانی فەرمان هاتووین . وە دڵنیا بە ئەم کافرانە ناگەن بە ماڵی تۆو ناتوانن دەس‌درێژ بکەن بۆ ئێمە بە بێ حەیایی •

★ (فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ) ★

دە تۆ هەموو ئەهلی خۆت بە شەوا دەربکەو بیان‌بەرە دووری ئەم وڵاتەوە لە بازێ کاتی ئەم شەوەدا •

★ (وَلا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ إِلاَّ امْرَأَتَكَ إِنَّهُ مُصِيبُهَا ما أَصَابَهُمْ) ★

وە کەس لە ئێوە کاتی دەرچوون لە مەنزڵی خۆتان لامەکەنەوە بە لای وڵاتەکەتانا نەکا بە هۆی ئەوەوە کە چاوتان ئەکەوێ بە وەزعێ کە بە سەریا بێت ئێوە ترس‌و بیم بڕواتە دڵتانەوەو بەم جۆرە ئەهلی تۆ هەموو رزگار ئەبن ژنەکەت نەبێ ، ئەو لەگەڵ خۆتانا مەبە ؛ چونکی بە راستی ئەو لەگەڵ قەومەکەدایەو هاودەردیانەو چی بەوان بگات بەویش ئەگات •

★ (إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ ، أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ؟) (٨١) ★

کاتی فەوتاندنی ئەوان کاتی بەیانە ، ئایا ئەو کاتە نزیك نیە ؟ بەڵێ نزیکەو وەعدەی خودایش گومانی تێدا نیە کە دێتەجێ •

★ (فَلَمَّا جاءَ أَمْرُنا جَعَلْنا عالِيَها سافِلَها وَأَمْطَرْنا عَلَيْها حِجارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ (٨٢) مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ ، وَما هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ) (٨٣) ★

جا کاتێ وادەی سزاکەمان هات بۆ قەومی لوط وڵاتەکەیانمان سەروژێر کردو باراندمان بەسەر ئەو وڵاتەدا چەند بەردێ کە لە جۆری بەردو

گڵی جۆشخواردوو بوون ، وە بازێ ئەجزاو مادەی ئەو بەردانە لکابوون بە بازێکیانەوە ، وە ئەو بەردانە دیاریکرابوون لە عیلمو زانستی خودای تودا بۆ ئەو شوێنـە ، وە باراندنی ئـەو جۆرە بەردانـە دوور نیە لـە ستەمکارەکانەوە . خوا بەردی عادەتی بن وەکو ئـەوە کـە لـە زەمانی پێشوودا بوە ، یاخود مادەی ئاسنو وەرشەو بێ وەکو گولله بارانی ئەمڕۆ بەسەر هەر قەومێکدا بکەونە ژێر بارانی گوللەی تفەنگ یا گوللەی تۆپ یا بۆمبای ژاراوی ، وەکو ئەیبینینو ئەیبیسین •

وەلحاصڵ لـە سبەینێی ئەو رۆژەدا کـە بڕیار درابو بۆ لەناوبردنی قەومی لوط فریشتەی مەئمووری بە هێز ئەرزی ئەو وڵاتەی بەرزەوە کردو کوتایەوە بە عەرزا بە بێ مولاحەزەی تەرتیبی پێشو بەو جۆرە کە خواستی خودا بو لە وێرانکردنیا • وە بێ گومان ئەم رووداوانە هێزێکی غەیبییان لەگەڵدایە . وە هیچ کارەساتێ لە جیهانا بێ هێزی خودایی نایێتە جێ . وە زیاد لەو ژێرەوژووره بەردەبارانمان کردن بەو وردە بەردانەوە کە لـە هێزی تەکانەکەوە بەرزەوە بوون یاخود بە نەوعە بەردێکی تر کە خودا باراندوویەتی بەسەر ئەو شوێنەدا ، وە غەیری لوطو ئەهلی لوط کەس لەو وڵاتە دەرنەچوون ، وە ئەمە یاسای پەروەردگارە لە رۆزگارا •



★ (والى مَدْيَنَ أخاهُمْ شُعَيْباً) ★

وە رەوانەمان کرد بۆ لای ئەهلی شاری مەدیەن . کە شارێ بوە لە سنووری وڵاتی حیجازاو هاوسنووری شـامات ، وەختی خۆی مەدیـەن کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم دروستی کردوە (یانی کردوویەتی بە نیشتمانی خۆیو دارو دەستەکەی) وە ئـەم قەومە لـە ماوەیەکدا زۆر تیجارەتو

ئاڵووێرێکی باشیان بو لـە بەینی شاماتو وڵاتی حیجازو یەمەندا ، وە دارایەکی زۆریان گردکردەوە بەڵام لە دینی تەوحید . کە دینی حەزرەتی ئیبراهیمو ئەولادەکانی بو ، لایانداو دەستیان کـرد بـە بتپەرستیو لـە تیجارەتیشـا دەستیان کرد بـە غەشو خیانەت ، هـەرماڵێکیان پێوانە یا کێشانە ئەکرد بۆ فرۆشتن بە خەڵك بە کەمو کووڕی تەسلیمیان ئەکردن ، وە ئەگـەر بۆ کڕین بوایە بـە زیادەوە وەریان ئەگرت ، وەئـەم نەوعـە موعامەلە ناپەسەندە پەرەی گرت لە ناو ئەهلی ئەو وڵاتەدا جا خودای تەعالا شوعەیب ، کـە یەکێ بو لـە رشتەی نەسەبی خۆیانو ئینسانێکی خاوەن قابیلیەتو کارامە بو ، رەوانەی کرد بۆ سەریانو کردی بە پێغەمەر بۆ تەعلیمی دینو گـەڕانەوەیان بۆ سـەر تەوحیـدو نیظـامی عەدالەتو دادگەری ، وەکو خودا ئەفەرموێت :

★ (قَالَ : يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ وَلا تَنْقُصُوا المِكْيَالَ وَالمِيزَانَ إِنِّي أَرَاكُمْ بِخَيْرٍ ، وَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُحِيطٍ) (٨٤) ★

حەزرەتی شوعەیب ـدـ لەسەر فەرمانی خودای تەعالا فەرمووی : ئەی قەومی من بەر لە هەموو شتێ عیبادەتو بەندەیی بکەن بۆ ئەو زاتە تاكو تەنیایە کە ناوی (الله)یە وە غەیری ئەو هیچ مەعبوودێکتان نیە ، وە پاش تەوحیدی خودا لـە موعامەلاتا کێشانەو پێوانەتان کـەمو کووڕی مەکەن لە خەڵك ، ئینسانی هۆشیار پێویستە ویژدانی بێو زیان بۆ کەس رەوا نەبینێ من بە راستی وام چاوپێئەکەوێ ئێوە خاوەنی داراییو ماڵنو حەز ئەکەم شت بدەن بە داماو نەك شت بە ناحەق وەربگرن ، وە بە راستی لەسەر یاسای خودا لە رۆژگارا ئەترسم لەوە کە لـە رۆژێکدا سزایەکی

گشتی بێت بەسەرتانا کـە هەمووتان داگیر بکاو تـەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێنێ •

★ (ويا قَــوْمِ أَوْفوا المِكْيــالَ والمِيزانَ بِالقِسْطِ ولا تَبْخَسُوا النَّاسَ أشْياءَهُمْ ولا تَعْثَوا في الأرْضِ مُفْسِدِينَ) (٨٥) ★

ئەی قەومی خۆم بە تایبەتی پێتان ئەڵێم کە پێوانەو کێشانەتان تەواو بکەن بە شێوەی عەدالەت بە بێ فەرق لە بەینی گەداو داراو پیاوی خاوەن شانو داماوا . وە نەك هەر کێشانەو پێوانە بەڵکو بە هیچ شێوەیێ هەرشتێ پەیوەندی بە هەر کەسێکەوە بێ چی لە پێوانەو کێشانەداو چ لە ئوجرەی کارو کردەوەدا ، چ لـە قیمەتو نرخیماڵو مەتاعاو چی لـە پایەو شانی خەڵکداو چ لە حوقووقی عامەدا ، ئەمانە باش تەماشا بکەنو زیان مەدەن نە خەڵك لەوانەدا • وە بێجگە لەمانە لە عەرزا فەسادو نارەوایی مەکەنو دەست درێژ مەکەن بۆ شانو نانو ناموسو حوقووقو وەزیفەی کەسو خوێنی ناحەق مەڕێژن ، وە مەبن بە کۆمەك بۆ خیانەتکارانو بۆ تاوانباران ، ئەنا ڕۆژتان لێ تاریك ئەبێو شەوتان لێ ئەبێ بە گلاراوو ئاسایش ناکەن ؛ چونکی جیهان بێ نیظام دانامەزرێو نیظام ئەبێ لەسەر عەدالەتو دادگەری بێ : ئەگەرنا خودا ئەم جیهانە جوانەتان لێ ئەکا بە دادگای تاریكو ڕێگەی پاتتان لێ باریك ئەکا •

★ (بَقِيَّتُ اللهِ خَيْرٌ لَكُمْ إنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) ★

ئەگەر بەهانەتان ئـەوەیە ئەتانەوێ دارایی زۆر بنێن بەیەکـەوە بۆ پاشەڕۆژتان تا بژین •• بزانن ئەو ماڵە پاکـە کـە خودای خۆتان بۆتان ئەهێڵێتەوە بە ئارامیو خۆشحاڵیو تەندروستی زۆر باشترە بۆ ئێوە لەو ماڵو حاڵە کە بە ستەم دەستان بکەوێ ؛ چونکی ئەمنیەتی دنیاو قیامەتی

لەسەرە مادام ئێوە باوەڕتان هەیە بەوە کە ڕۆژێ ئەبێ جەزای کردەوەی تێدا بدرێتەوە •

★ (وما أنا عَلَيْكُمْ بِحَفِيظٍ) (٨٦) ★

وە بزانن من هەر ئامۆژگاریم بە دەستە وەکو پێم‌گەیاندن . ئیتر من نەکراوم بە نیگابان بەسەر ئێوەوە کە مەنعتان بکەم لــە بیرو باوەڕی خراپو کردەوەی ناشیرین . وەزیفەی ڕەهبەر هەر دەرزی ڕاستکاریەو بــەس •

★ (قالُوا : يَا شُعَيْبُ أَصَلَوتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ ما يَعْبُدُ آباؤُنا أَوْ أَنْ نَفْعَلَ في أَمْوالِنَا ما نَشَاءُ ؟ إِنَّكَ لَأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ) (٨٧) ★

جا ئەو قەومە بەدبەختە نامەردانە لە باتی ئەوە کە بە دڵ بیر بکەنەوە لە ئامۆژگاریەکانی حەزرەتی شوعەیباو بە ڕاستی وەریان بگرن لایان دا لە ڕێگەی بیرکردنەوەو فامی حەقیقەتو لە ڕووی گاڵتەوە وتیان : ئــەی شوعەیب ئایا نوێژەکانت وەها تۆی بایی کردوەو ئەمرت پێ ئەکەن کە تۆ بە ئێمە بڵێیت هەتا تەرکی عیبادەتی ئەو بتانە بکەین کە باوكو باپیرەکانمان پەرستوویانن یا تەرکی تەسەڕوف لە دارایی خۆمانا بە ئارەزووی خۆمان ؟ ماشەڵڵا ! ماشەڵڵا ! هەر تۆ لەم وڵاتەدا ئینسانی خاوەنَ هۆشو خاوەن ڕوشدو ماریفەتی لــە ئاشکراو پەنهــاندا وەهــا ئەتەوێ کــە ئیصلاحی مەعنەویاتو مادیاتی ئێمە بکەی ؟ هەڵسە لاچۆ لە لامانا ، جارێکی تر ئەم قسانە نەکەی !

★ (قالَ : يا قَومِ أرَأيْتُمْ إنْ كُنْتُ على بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي ورَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقاً حَسَناً ؟ وما اُريدُ أنْ اُخالِفَكُمْ إلى ما أنْهاكُمْ عَنْهُ ، إنْ اُريدُ إلاّ الاِصْلاحَ ما اسْتَطَعْتُ ، وما تَوفِيقِي إلاّ بِاللهِ عليْهِ تَوَكَّلْتُ وإلَيْهِ اُنيبُ) (٨٨) ★

جا حەزرەتی شوعەیب کەوتە وتارەوە لەگەڵیانا بە نەرمیو فەرمووی : قسەی کەسێ وەرناگیرێ کە دەلیلی راستی نەبێ وە یا دەربکەوێ لە وتارەکەی کە نیەتی خراپ بێ ، من وەها نیم ، پێم بڵێن : ئەگەر من لەسەر دەلیلێکی راستو رێگەیەکی مەعقوول بم لە لایەنی خودای خۆمەوەو رزقێکی جوانی رۆحیی دابێ پێمو منی کردبێ بە پێغەمەری خۆیو رزقێکی ژیواری دنیایشی پێدابم کە داوای دارایی لە کەس نەکەم ؟

وە لەم لایشەوە نامەوێ کە من خۆم دابنێم لە شوێنی ئێوەدا بۆ بەجێهێنانی ئەو شتانە کە مەنعی ئێوەی لێ ئەکەم ، واتە نامەوێ بتپەرستی بکەم یا کلیلەوانی بارەگای بتەکان بم تا ئێوە بڵێن کە شوعەیب خۆی ئەیەوێ گەورەی رۆحانی بێ ، ئایا هێشتا ئێوە هەر قسەکانی من وەرناگرن ؟ بزانن من هیچ دڵخوازێکم نیە چاککردنو رێکخستنی رێگەی بیرو باوەڕو کردەوەی ئێوە نەبێ ، ئەوەندە کە بتوانم ، وە من یارمەتیو کۆمەکیم نیە لە خوداوە نەبێ ، هەر بەو پشت ئەبەستمو هەر بۆ لای ئەو ئەگەڕێمەوە •

★ (ويا قَوْمِ لا يَجْرِمَنَّكُمْ شِقاقِي أنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ ما أصَابَ قَوْمَ نوحٍ أوْ قَوْمَ هودٍ أوْ قَوْمَ صالِحٍ ، وما قَوْمُ لُوطٍ مِنْكُمْ بِبَعِيدٍ) (٨٩) ★

ئەی قەومی خۆم رجاتان لێ ئەکەم با عاجزیتان لە منو ناحەزیتان

له‌گه‌ڵ مندا هه‌ڵتان نه‌نێ بۆ ئه‌وه که ده‌ست بکه‌ن به نافه‌رمانی خوداو به بێ شه‌رمی‌و سه‌رکێشی هه‌تا ببێ به هۆی ئه‌وه که بێت به‌سه‌ر ئێوه‌یشا ئه‌و به‌ڵایه که هات به‌سه‌ر قه‌ومی نوحدا ، یا وێنه‌ی ئه‌وه‌ی هات به‌سه‌ر قه‌ومی هودا . یا وێنه‌ی ئه‌وه‌ی هات به‌سه‌ر قه‌ومی صالحداو له ناو بچن ، خۆ قه‌ومی لوط دوور نین له ئێوه‌وه نه له شوێنه‌واراو نه لـه زه‌مانا ، حه‌ق وه‌هایه که به کاره‌ساتی ئه‌م قه‌ومه عیبره‌ت بگرن •

★ (واسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ) (٩٠) ★

وه داوای لێخۆشبوون بکـه‌ن لـه خـودای خۆتان ئه‌مجـار باش بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای ئه‌و به راستی خودای من میهره‌بان‌و خاوه‌ن مه‌حه‌به‌ته‌و لێتان خۆش ئه‌بێ •

★ (قَالُوا : يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيراً مِمَّا تَقُولُ ، وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفاً ، وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ ، وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ) (٩١) ★

جا ئه‌و قه‌ومه نامه‌رده له‌به‌ر ئه‌وه که عاده‌تیان گرتبو به بیرو باوه‌ڕی ناپه‌سه‌ندو کرده‌وه‌ی ناڕه‌واوه وه ماوه‌یه‌کیش له وڵاته‌که‌دا به ئاره‌زووی خۆیان ده‌وامیان کردبو زیهنیان دوورکه‌وتبوه‌وه له‌وه کـه مه‌ضموونێکی موخالیف بۆ عاده‌تی خۆیان به حه‌قیقه‌ت وه‌ربگرن‌و لـه قسه‌ی شوعه‌یب تێبگه‌ن •• له‌به‌ر ئه‌وه وتیان : ئه‌ی شوعه‌یب ئێمه له گه‌لێ واته‌ی تۆ حاڵی نابین‌و مه‌ضموونی ته‌وحیدو ته‌رکی مه‌عبوودی خۆمان ناچێته دڵمانه‌وه ، هه‌روا فامی ئه‌وه ناکه‌ین که واجبه پایه‌ی ئێمه له‌گه‌ڵ پایه‌ی خه‌ڵکی بێگانه‌دا یه‌ك نه‌وع بێ ، وه هه‌رچی بۆ ئێمه ره‌وا بێ بۆ ئه‌وانیش ره‌وا بێ ، به‌ڵکو

ئێمە خۆمان بە (شەعبی موختار) ئەزانینو هەرچی پێویستی خۆمان بێ ئەبێ رەوا بێ • وە ئێمە کە تەماشای تۆ ئەکەین تۆ لە پایەی خۆمانا نابینین هەتا بە ئارەزووی تۆ رەفتار بکەین ، وە ئەگەر لەبەر دڵراگرتنی قەومەکەت نەبوایە کە خزمەتمان ئەکەنو لەسەر دینی ئێمەنو نامانەوێ دڵیان ئازار بدەین تۆمان بەردەباران ئەکردو ، تۆ لەسەر دڵی ئێمەدا ئینسانێکی خاوەن عیززەتو مەقام نیت هەتا ئەم جۆرە وتارانەت وەربگرێن •

★ (قال : يا قَوْمِ أرَهْطِي أعَزُّ عَلَيْكُمْ مِنَ اللهِ واتَّخَذْتُمُوهُ ورَاءَكُمْ ظِهْرِيّاً ؟ إنَّ رَبِّي بِما تَعْمَلونَ مُحِيطٌ) (٩٢) ★

جا حەزرەتی شوعەیب ـدـ فەرمووی : وا دەرئەکەوێ کە ئێوە ئیعتیباری دنیاییتان لەلاوە مەقبوولو جوانە ! ئەگەرنا چۆن قسەی وەها ئەکەن ؟ ئایا لای ئێوە ئەم چەن کەسە لە خزمو خوێشی من بە قیمەتترە لە خودای عالەمو ؟ ریعایەتی ئەوانە ئەکەنو فەرمانی خودا ئەخەنە پشتی ٭تانەوەو موبالاتی پێ ناکەن ؟ بە راستی خودا ئاگای لە هەمو کردەوەیەکتانە •

★ (ويا قَوْمِ اعْمَلوا على مَكانَتِكُمْ إنّي عامِلٌ سَوْفَ تَعْلَمونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذابٌ يُخْزِيهِ ، ومَنْ هُوَ كاذِبٌ ، وارتقِبُوا إنّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ) (٩٣) ★

وە ئەی قەومی خۆم من ئاگاداربووم لە نەفسیەتی ئێوە کە بایی بوونو موبالات ناکەن بە دەرزی رەهبەران ، جا فەرموون ! چی ئەکەن بیکەنو منیش ئیشی خۆم ئەکەم کە راگەیاندنی فەرمانی خودایە وە لە کاتی ئایندەی نزیکدا ئەزانن کام تاقم وە یا کام کەس سزایەکی وەهای

بۆ دێ کە لە جیهانا رسوای بکاو ، حاڵی ئەبن کێ درۆزنەو قسەی ناحەق ئەکا . چاوێری بکەن ، منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم •

★ (وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْباً وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ . فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ) (٩٤) ★

وە لە کاتێکدا فەرمانی ئێمە دەرچو بە لەناوبردنی قەومی شوعەیب بەس شوعەیبو ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە لە گەڵیا رزگارمان کردن بە میهرەبانی خۆمان ، وە دەنگێکی ناهەمواری خوداییو خودانارد و ئەو ستەمکارانەی گرتو هەموو لە ناو خانوەکانی خۆیانا بە مردوویی کەوتن •

★ (كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا ، أَلَا بُعْداً لِمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ) (٩٥) ★

وە ئاسارو هێزو گازیان بەرباد بو وایان لێ هات وەك ئەوە کە ئەو قەومە لە وڵاتا نیشتەجێ نەبوون . بێدا ربنەوە ! دووری لە پایەی وجوودو لە مەقامی عیززەت بۆ ئـەهلی مەدیەن بێ وەکـو چۆن قـەومی ثەمودیش دوورکەوتنەوە لە مەیدانی رێزو پایەداری •

موفەسیرەکان فەرموویانە : موناسەبەی قەومی مەدیەن ، کە قەومی شوعەیب بوون . لەگەڵ قەومی ثەمودا ، کە قەومی صالح بوون ، ئەوەیە کە لە وڵاتا نزیکی یەك بوون . چونکی جێگەی قەومی شوعەیب هەم لە نزیکی خەلیجی عەقەبەدا بوە لەسـەر دەریای سوور کـە مەشهوورە بـە (قولزم)و هەشت مەنزڵ مەسافە بوە لە بەینی ئەوانو سنووری میصرا ، وە هەم هەردوو لایان بە دەنگو گرمە فەوتان ، بەڵام صەیحەی قەومی

ثەمود لە ژێر عەرزەوە هات وەکو صەیحەی بورکانو صەیحەی قەومی شوعەیب لە ئاسمانەوە هات وەکو هەورە تریشقەی گشتیی •



وە بە موناسەبەی ئەوەوە کە حەزرەتی موسا ـدـ زاوای حەزرەتی شوعەیب بو باسی موساو فیرعەونیشی لە پاڵ ئەودا کردو فەرمووی :

★ (ولَقَـدْ أرْسَلْنا مُوسى بِـآياتِنـا وسُـلْطانٍ مُبِينٍ (٩٦) إلى فِرْعَوْنَ وملائِهِ ، فاتَّبَعوا أمْـرَ فِرْعَوْنَ وما امْـرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ) (٩٧) ★

واتە بە راستی موسای کوڕی عیمرانمان رەوانەکرد بۆ سەر فیرعەونو کۆمەڵەکەی لەگەڵ فەرمانو چەن موعجیزەیەکی قاهیرەدا بە تایبەتی ئەو عەصایە کە هێزی ئاشکرا بو وە هەموو جادووگەرەکانی ترساند ، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو حوجەتانەدا دەستەی فیرعەون کەوتنە شوێنی فەرمانی فیرعەونو عیصیانیان کرد لە موسا بەڵام کاری فیرعەونو یاخیبوونی لـە ئەمری موسا کارێکی سوودمەندو پیرۆز نەبو •

★ (يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ القِيامَةِ فأوْرَدَهُمُ النَّـارَ ، وبِئْسَ الوِرْدُ المَوْرودُ) (٩٨) ★

فیرعـەون لـە رۆژی قیـامەتا ئەکـەوێتـە پێش کۆمـەڵەکەیـەوەو دایانئەپەڕێنێ بەسەر ئاگری دۆزەخدا ، وە گەلێ نابارو ناهەموارە ئـەو شوێنەی ئەو جێگەی ئاسایشە کە بو بـە ماوای فیرعەونو قەومەکەی • سەرقەتارێ لە سارای گەرمی گەرمیانا دەستەو دایەرەی خۆی ئەبا بۆ سەر

ئاوو چەشمەی حەیاتێ کە بیانژێنێتەوە ؛ وە فیرعەون قەومەکەی برد بۆ سەر کوورەی ئاگرێ کە هەموو بیانسووتێنێو بیانکولێنێتەوە •

★ (واُتْبِعوا في هـذِهِ لَعْنَةً ويَوْمَ القِيامَةِ ، بِئْسَ الرِّفْدُ المَرْفودُ) (٩٩) ★

وە حەوالە کرا بە دوای فیرعەونو دەستەکەیا لـەم دنیادا لەعنەتو نەفرین وە لە رۆژی قیامەتیشا گەلێ گەلێ ناپەسەند بو ئەو بەشو بارەیە کە درا بە فیرعەونو دەستەو دایەرەکەی •

★ (ذلِكَ مِـنْ أنْبـاءِ القُـرى نَقُصُّـه عَلَيْكَ مِنْهـا قـائِمٌ وحَصِيدٌ) (١٠٠) ★

ئەم باسە درێژە کە ناردم بۆت لە هەواڵو رووداوی دێهاتی پێغەمەران بۆم گێڕاینەوە ئێستە بازێ لەو دێهاتە خانوەکانیان راوەستاوە بە پێوە ، وەکو خانووی ماوای ثەمود ؛ چونکی خانوەکانیان گەلێکیان لـە بەرد تاشـراونو بـە درێژی زەمـان ئەمێننـەوە ؛ وە بازێکشـیان کـەوتوەو کوتراوەتەوە وەکو خانوەکانی قەومی شوعەیب •

★ (وما ظَلَمْناهُمْ ولكِنْ ظَلَموا أنْفُسَهُمْ) ★

وە ئێمە بە لەناوبردنی ئەوان ستەمو بێدادیمان لێ نەکردن ؛ بـەلاّم ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد بـە هۆی بیرو باوەڕی بێفەڕو بـە هۆی کردەوەی ناپەسەندو لەخۆبایی‌بوونیان •

★ (فَمـا أغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمْ الَّتي يَدْعونَ مِنْ دُونِ اللهِ مِـنْ شَـيْءٍ لَمَّـا جـاءَ أمْـرُ رَبِّكَ ومـا زادُوهُـمْ غَيْـرَ تَتْبيبٍ) (١٠١) ★

وە هیچ نەوعە سوودێکی نەدا بەوانو بێنیازی نەکردن ئـەو بتانە کـە ئەیانپەرستنو بانگیان لێئەکردنو لـە خـودا دوورئەکەوتنەوە هیچ ئیشێکیان بۆ نەکردن کاتێ کە فەرمانی خودا دەرچو لەسەر مەحوکردنەوەی ئەوان وە ئەو بتانەیان هیچیان زیاد نەکرد بۆ ئەوان ئیللا کوتاندن بە زەویدا • وە نیسبەتی ئەم زیادکردنە بۆ بتەکان ئیسنادی مەجازیە ، واتە لەبەر ئەوە باوەڕی کافرەکان بەو بتانە بایی‌کردنو لایان دا لە حەقو خودایش ئەوانی فەوتاند ، وەك بتەکان ئەوانیان فەوتاندبێ وایە •

★ (وكذلِكَ أخْذُ رَبِّكَ إذا أخَذَ القُرى ، وهِيَ ظَالِمَةٌ) ★

هەروەها پاش مۆڵەتو زەمانێکە هاتنی سزاو بـە کـەمتر کاتێکە قارگرتنی خودا لە کاتێکا قار بگرێ لە ئەهلی دێهاتێ کە ستەمکار بن •

★ (إنَّ أخْذَهُ ألِيمٌ شَدِيدٌ) (١٠٢) ★

بـە راسـتی گرتنی خـودا بۆ سـتەمکاران زۆر ئێشـگەێنو بـە شیددەتە •

★ (إنَّ في ذلِكَ لآيَةً لِمَنْ خَافَ عَذابَ الآخِرَةِ ذلك يَوْمٌ مَجْمُوعٌ لَهُ النَّاسُ وذلِكَ يَوْمٌ مَشْهُودٌ) (١٠٣) ★

بە راستی هەیە لەو بەڵاو سزانەدا کە ناردمانن بۆ سەر ئەو قەومە ستەمکارە نیشانەیەکی گەورەی وەها کە ببێ بە هۆی پەندوەرگرتن بۆ ئەو کەسانە کە لە سزای رۆژی قیامەت ئەترسن ، وە ئەو رۆژی قیامەتە رۆژێکە هەموو جینو ئینسو پەری تێدا گردئەکرێنەوەو رۆژێکە گەلێ عالەمی تیا حازر ئەکرێو پێغەمەرەکانو پیاوە خاوەن ئیعتیبارەکانو ئەهلی ئاسمانەکانو عەرزی تیا حازر ئەبن •

★ (وما نُؤَخِّرُهُ إلاَّ لِأَجَلٍ مَعْدودٍ) (١٠٤) ★

وە ئەو رۆژی قیامەتە دوا ناخەین بۆ وادەیەکی ژمێرراوی کەم نەبێ ، بێگومان دێتەجێو دێتە روو •

★ (يَوْمَ يَأْتِ لا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إلاَّ بِإذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وسَعِيدٌ) (١٠٥) ★

کاتێ ئەو رۆژە دێت بە نەوعێ هەیبەت عالەم دائەگرێ کەس ناتوانێ قسە بکا مەگەر بە ئیجازەو ئیزنی تایبەتی ؛ جا ئەو خەلکەیش دوو بەشن • بەشی یەکـەم خاوەن شەقاوەتنو موستەحەقی سزای دۆزەخن ، ئـەمانە کافرنو موسوڵمانی تاوانبـار • وە بەشی دووهـەم خاوەن سـەعادەتنو موستەحەقی بەهەشتن ؛ ئەمانە موسوڵمانە بێ تاوانەکانن •

★ (فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُوا فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وشَهِيقٌ) (١٠٦) ★

جا ئەو بەشەو ئەو کەسانە خاوەنی شەقاوەتنو کافرن ئەوە وان لە ناو ئاگری دۆزەخا وە ئەوانە هەناسە بە مەینەت ئەدەنو بە زەحمەت هەناسە ئەکێشنەوە بۆ ناوەوە •

★ (خالِدِينَ فِيها ما دامَتِ السَّماواتُ والأرْضُ) ★

ئەوانە حاڵیان وایـە ئەمێننەوە لـە ئاگردا هـەتا ئاسانو عـەرزی دۆزەخ دەوام بکەن •

★ (إلاَّ ما شاءَ رَبُّكَ) ★

ئیللا ماوەیێ نەبێ کـە خودای تەعـالا خواستی بێ وەکـو ماوەی

دەرکردنی موسوڵمانە تاوانبارەکان لە ئاگری دۆزەخ بە هۆی تەواوبوونی ماوەی سزاکەیانەوە . وە یا بە هۆی شەفاعەتو تکاوە •

★ (إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ) (١٠٧) ★

بە راستی خودای تۆ ئەوەی خواستی لێ بێ بە تەواوی ئەیکا •

★ (وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاءَ رَبُّكَ عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ) (١٠٨) ★

وە ئەو کەسانەیش کە خاوەن سەعادەتو بەختیارن ئەوە وان لە بەهەشتا دەوام ئەکەن مادام ئاسمانو عەرزی بەهەشت دەوام بکا ئیللا ئەو ماوە نەبێ کە مەشغووڵن بە حەشرو مانەوە بۆ حسێبو پرسیارو رابوردن بەسەر پردی سیراتا . وە ئەم جۆرە کارە بەخششێکە لە لایەنی خوداوە برانەوەی نیە •

بزانن ! لەم ئایەتەدا دوو شت هەیە :

یەکەم تەفسیری (سماوات وارض) بە ئاسمانو زەوی‌ی بەهەشتو دۆزەخ ، وە ئەم تەفسیرە موافیقی تەفسیری گەلێ لە زاناکانە ، لەبەر ئەوە کە هەرچەن لە رۆژی قیامەتا ئەم زەویو ئاسمانە نەمێنن بەڵام عالەمی بەهەشتو دۆزەخ خۆیان عالەمی عەرزیان هەیە کە خەڵکەکەی بەسەرەوەیەو عالەمی ئاسمانیشیان هەیە کەوا بە راسەریانەوە • وە بازێ فەرموویانە : مەبەس لە (ما دامت السماوات والارض) هەر تەعبیرێکی کینایەیە لە خولوودو مانەوە هەتا هەتایە ، ئیتر مەبەس نەفسی ئاسمانو زەوی نیەو ئەم جۆرە کینایە زۆر جار بەکار ئەبرێن •

دووهەم : کە لەفزی (شقی) کافرو موسوڵمان بگرێتەوە ئەو کاتە (الا ما شاء ربك) هەر بۆ ئەو موسوڵمانانەیە کە تاوانبار بوونو ماوەی سزاکەیان تـەواو بوە یاخود بـەر تکای تکاکار کەوتوونو لـە دۆزەخ دەرچوون • وە مادام لەفزی (سعید) هەر بۆ موسوڵمانی بێ تاوان بێ ئەوە (استثنا) کە جێگەی نامێنێ مەگەر بە ئیعتیباری زەمانی پێش چوونـە بەهەشت کە لە زیندوبوونەوەوەیە هەتا کاتێ ئەڕۆنە ناو بەهەشت • وە (استثنا) لە زەمان دروستە بە ئیعتیباری ئەووەڵو بە ئیعتیباری ئاخر بێ فەرقو تەفاوت •

★ (فَلا تَكُ في مِرْيَةٍ مِمَّا يَعْبُدُ هؤلاءِ) ★

ئەی خۆشەویست شکت نەبێ لە بەتاڵیو بێسوودی عیبادەتی ئەو گەلە بۆ بتەکان •

★ (ما يَعْبُدونَ إلاّ كَما يَعْبُدُ اباؤُهُمْ مِنْ قَبْلُ) ★

ئەمانە عیبـادەت ناکـەن بۆ بتەکان ئیللا وەکـو عیبـادەتی باوکو باپیرەکانیان بە شێوەی شیرکو گومڕایی لـە زەمانە پێشوەکانا • واتـە رچەیەکە بۆیان کێشراوە لەسەر ئارەزووی نەفسو هەوابازی وە ئەصڵو ئەساسی نیە ؛ چونکی هەر کارێ ئینسان بیکات ئەبێ لەسەر عەقڵ بێ ، وە کاری بێسامان دوورە لە ئینسانەوە •

★ (وإنَّا لَمُوَفّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنْقوصٍ) (١٠٩) ★

وە بە راستی ئێمە بەشی خۆیان لە ئازاری دۆزەخ پێ ئەدەین بـە رەسایی بە بێ نوقسان • وە ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر بە هەیبەتە ـ پەنا بە خودا ! ـ •

★ (ولَقَدْ آتَيْنا مُوسى الْكِتابَ فاخْتُلِفَ فِيهِ) ★

وە بە راستی تەوراتمان دا بە موسای کوڕی عیمران کەچی جیاوازی پەیدا بو لە ئیمانو باوەڕکردن بەو کیتابەدا لە قەومی فیرعەون ، واتە لە قیبتیەکان کەمێ ئیمانیان هێناو باقی هەموو ئینکاریان کرد ، وە لە قەومی بەنی ئیسرائیل وەختی خۆی زۆر کەسیان ئیمانی پێ هێناو کەمێ لەوان باوەڕی پێ نەکرد یاخود وەرگەڕایەوە لە دین وەکو سامیریو پەیڕەوەکانی . وە لە پاش زەمانی موسا بازێ لە بەنیئیسرائیل باوەڕیان بو بەو کتێبەو بازێکیان ئیمانیان پێنەبو •

★ (ولَوْلا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ) ★

وە ئەگەر ئەمری مۆڵەتدانیان صادر نەبوایە لە لایەنی خودای تۆوە هەر وەختی خۆی حوکم ئەدرا بەسەریانا بە ناردنی سزا بۆ سەر کافرەکان •

★ (وإنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ) (١١٠) ★

وە بە راستی ئەو کافرانە کە باوەڕیان نیە بەم کیتابە پیرۆزە کە نازڵ بود بۆ سەر تۆ وان لە ناو شكو خەیاڵاتێکی زۆر تاریکی ناباری وادا دڵی پڕ کردوە لە ئازار •

★ (وإنَّ كُلًّا لَمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أعْمالَهُمْ إنَّهُ بِما يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) (١١١) ★

وە بە راستی هەموو ئەوانەی کە جیاوازییان بوە لە کتێبی موسای کوڕی عیمرانا وە یا باوەڕیان بە کتێبی تۆ نیە بە بێ گومان خودای تەعالا جەزای ئەعمالیان بە تەواوی پێئەداتەوەو بە راستی خودا ئاگاداری ئەوەیە ئەوان ئەیکەن •

★ (فاستقم كما أمرت ومن تاب معك) ★

دەی دەوام بکە لەسەر بیرو باوەڕی خۆتو لەسەر کردەوەکانی خۆتو لەسەر خوو رەوشتی خۆت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا لەگەڵ تۆدا وەکو خودا فەرمانی پێداویو ئەمری پێ کردووی •

★ (ولا تطغوا) ★

وە زیادەڕەوی مەکەنو لامەدەن لەو ئەندازە خودا بۆی داناون •

★ (إنه بما تعملون بصير) (١١٢) ★

بە راستی خودای تەعالا بینایە بە کردەوەی ئێوە •

★ (ولا تركنوا إلى الذين ظلموا فتمسكم النار) ★

وە بە قەطعی بە دڵو رەغبەت مەیل مەکەن بۆ لای ئەو کەسانە کە ستەم ئەکەن لە خۆیان بە بیرو باوەڕی کوفرو بە کردەوەی ناپەسەندو یارمەتیو . یارمەتی ستەمکار مەدەنو خۆشتان نەوێن ئەنا بە قەی ئەو مەیلە ئاگری دۆزەخ لێتان ئەدا

★ (وما لكم من دون الله من أولياء ثم لا تنصرون) (١١٣) ★

وە بۆ ئێوە جگە لە خودا هیچ دۆستو یارمەتیدەرێکتان نیە . وە پاش ئەوە کە توغیانتان کرد هەرچەند بتانەوێ کەسێ بێت بۆ کۆمەکتان ئەوە بێ سوودەو یارمەتیتان نادرێ ؛ چونکی کەس نیە مەجالی یارمەتیدانی بێ •

★ (وأقِمِ الصَّلاةَ طَرَفَي النَّهارِ وزُلَفاً مِنَ اللَّيْلِ . إنَّ الحَسَناتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئاتِ ذلِكَ ذِكْرى لِلذَّاكِرينَ) (١١٤) ★

واتە ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە دوو جانیبی رۆژاو لە چەن کاتێکی نزیك بە رۆژ لە کاتی شەوا نوێژ بکە ـ کە لە کردەوە باشەکانە ـ وە کردەوە باشەکان تاوانی کردەوە خراپەکان لائەبەن ، وە ئەم نوێژکردنە لەو کاتانەدا هۆی بیرکردنەوەیە لە خوداو یاسای دین بۆ ئەوانە کە ئامادەن بۆ بیرکردنەوە •

خاوەن تەفسیرەکان دوو تەرەفی رۆژیان تەفسیرکردوەتەوە بە بەیانیو ئێوارە بە کەمی رۆژو نیوەی دووهەمی رۆژ لەسەر ئەم شێوە کە لە ئەووەڵی نیوەی یەکەمدا نوێژی بەیانیو لە نیوەی دووهەمیشدا نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەسر بکرێ ، وە لە بەر ئەوە ئەم دوو نوێژە کەوتوونەتە یەك ؛ چونکی لە کاتی (جەمع)دا یا نیوەڕۆ ئەبرێ بۆ لای نوێژی عەسر وە یا نوێژی عەسر ئەهێنرێ بۆ لای نوێژی نیوەڕۆ ، وە لە غەیری جەمعیشدا وەکو دروستە نوێژی نیوەڕۆ لە پاش زەوال بکرێ هەروا دروستە لە ئاخری وەختا بکرێو نزیك بخرێتەوە لە نوێژی عەسر ، بە هەر حاڵ پاش کاتی زەوال کاتی نوێژی نیوەڕۆو نوێژی عەسرە ، وە بە ئیعتیباری ئەوە کە پاش زەوال ئێوارەیە ئەم دوو نوێژە ئەکەونە لایەکەوە •

وە ئەو کاتانەیش کە نزیکی رۆژن لە شەودا عیبارەتن لە کاتی پاش رۆژ ئاوابوون کە وەختی مەغریبەو کاتی ونبوونی رووناکی کەناری ئاسمانە کە وەختی نوێژی عیشایە ، وە بەم شێوە هەموو فەرزەکان لەم ئایەتە وەرئەگیرێن •

★ (واصْبِرْ فَإنَّ اللهَ لا يُضيعُ أجْرَ المُحْسِنينَ) (١١٥) ★

وە خۆت بگرە لەسەر ئازاری بەجێهێنانی ئەم نوێژانەو بەجێهێنانی شەرتو ئادابیان لە دەسنوێژگرتنو غوسڵکردن لە کاتی گەرماو سەرماداو لە کاتی ساغیو نەخۆشیداو لە کاتی مەجالداریو بێ مەجالیدا ؛ چونکی بە بە جێهێنانی ئەمانە ئینسان ئەبێ بە (محسن)و خودای تەعــالا جەزای خاوەن ئیحسانان زایە ناکا •

★ (فلَوْلا كانَ مِنَ القُرونِ مِنْ قَبْلِكُمْ اولوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الفَسادِ في الأرْضِ إلاَّ قَليلاً مِمَّنْ أنْجَيْنا مِنْهُمْ !) ★

ئەوە بۆچی نەبو لە ئەهلی قەرنەکان لە پێش زەمانی ئێوەدا کۆمەڵێ خاوەن بیرو هۆش وە یا خاوەن قەدرو قیمەت کە مەنعی خەڵك بکەن لە فەسادی بیرو باوەڕو لە فەسادی کردەوەو لە فەسادی رەوشت لە رووی عەرزا مەگەر کەمێ نەبێ لەوانە کە رزگارمان کردوون لە سزاو لە قاری خۆمان ؟

★ (واتَّبَعَ الَّذيــنَ ظَلَمُــوا مــا اُتْرِفــوا فيــهِ وكــانوا مُجْرِمينَ) (١١٦) ★

وە غەیری ئەم تاقمە کەمە باقی ئینسانەکان کە ستەمیان لە خۆیان کرد کەوتنە دوای ئارەزووی نەفس لەو ماڵو داراییەداو لەو پایەو شانەدا کە بۆیان رێكخراوەو لەزەتیان تێدا دەست کەوتوە ، وە هەموو بە تاوانبارو خەتاکار دەرچوون ؛ وە خودای تەعـالا لەســەر ئـەو تاوانانـە ئەوانی فەوتان •

★ (وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ) (١١٧) ★

ئەگەرنا خودای تۆ بە قەطعی لەوانە نیە کە ئەهلی ئەو دێهاتەو ئەو ئاوەدانیە کۆمەڵایەتیە بفەوتێنێ بە بێدادی وەلحاڵ ئەهلەکەی میانەی خۆیان لەگەڵ خودا رێكبخەنو نەفسی خۆیان چاك بکەنو لە ناو ئەندما باش بجووڵێنەوەو چاری کاری خەڵکی بکەن •

★ (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (١١٨) ـ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ ـ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ ، وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) (١١٩) ★

پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو پێغەمەرە خاوەن قەدرانە لەگەڵ ئومەتە سەرکێشەکاناو فەوتانیان چین لە پاش چینو هیچ چینێ لەوانە عیبرەتیان نەگرت بە سزای چینی پێشوویان ، خودای تەعالا بە پێغەمەری خۆشەویست ئەفەرموێ : ئەگەر خودای تەعالا خواستنی ببوایە هەرچی ئادەمیزادە هەمووی ئەکردن بە یەك ئومەت لەسەر رێگەی ئیسلامو هەموو موسوڵمانەکانیشی ئەکرد بە هاوڕەفتارو هاو بیرو باوەڕ . بەڵام ئەمەی نەکرد ، چونکی خودا ویستی جینو ئینس دروست بکا بۆ بەندەگی زاتی ئەو وە بەندەییش لە کاتێکدا نرخی هەیە کە بە ئیختیاری بەندەکە بێ نەك بە زۆرو بە شێوەیێ کە کابرا چاری لادانی نەبێ ، لەبەر ئەمە هات هێزو ئیستعدادی چاکەو خراپەی لە هەموویانا دروستکردو عەقڵو خواستو ئارەزووی پێدان بۆ ئەوە کە بە ئارەزووی خۆیان هەرچی

ئەکەن بیکەن ، وە لەگەڵ ئەوەدا ڕێگەی چاكو خراپیشی بۆ بەیان کردن لەسەر زمانی پێغەمەرە دلسۆزەکان وە ئەوانیش لەسەر ئارەزووی خۆیان هەرکەس ڕێگەیێ هەڵئەبژێرێ ، (بنـــاء علیـــه) هەمیشـــه ئادەمیزاد بیروباوەڕیان لە یەك جیا ئەبێ مەگەر ئەو کەسانە کە بە میهرەبانی خۆی هیدایەتی دابن بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی بەختیاری . وە بزانن کە خودا لەسەر ئەساسی عیلمی موحیطی بـــە کائیناتاو بـــە ئەحواڵی عیبادی خـــۆیا کە تەسەڕوفاتیان چۆنە بۆ ئەوەی دروست کردوون بازێکیان ڕێگەی چاکەو بازێکیان ڕێگەی خراپە هەڵبژێرن • وە پاداشی یەکەم بەهەشتو تۆڵەی دووهەم دۆزەخ بێو ســوێندی خـــودا تەواو بو کە سوێندی خواردو فەرمووی : بێگومان دۆزەخ پڕ ئەکەم لە پەریو ئادەمیزاد هەموویان . هەروا بەهەشتیش بەوانە کە بـــە ئارەزووی خۆیان ڕێگەی بەختیارییان هەڵبژاردوە ؛ چونکی ئەم دوو چینە هەردوویان خاوەن ئیستیعدادن بـــۆ چاکەو خراپەو هەردوو لایان ئاگادار کراون لە چاكو خراپ ، کە وابێ ئەگەر ئیعتیبار بە باوەڕو کردەوەیان نەبێ ئەبێ هەرچی یاسای خودایە لە ناردنی رەهبەرانو مامۆسایانو خاوەن بیرانو ئامۆژگەریکەران بێ سوود بێ ، وە ئەمەیش خیلافی یاسای راستە ، وە کەوتنە شوێن نیظامی رەهبەران ئەبێ واجب بێ •

★ (وَكُلاًّ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ) ★

وە ئێمـــە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ بازێکی خـــاوەن قیمەت لـــە هەواڵی پێغەمەرەکانو ئومەتەکانیان ؛ دلسۆزی ئەمانو ، بێ موبالاتی ئەوانو ، عیلمو حەوسەڵەی ئەمانو ، سەرکێشیو نەفامی ئەوانو ، هەڕەشەو ئینزار

لــە لایــــەنی رەهبەرانەوەو ، گاڵتەکردنو بایی‌بوون لــە لایــەنی ئوممەتەکانەوەو ... لــــە ئەنجامدا ســــەرکەوتنی پێغەمـــەرەکانو مەحوبوونەوەی ئوممەتە بێ ئیطاعەکان ئەوەندەت بۆ ئەگێڕینەوە کە دڵی تۆی پێ دامەزراو بکەین لەسەر تەبلیغاتی ئوممەتو تێکۆشین لـــە بڵاوکردنەوەی دیندا وە موبالاتنەکردن بــە سەرکێشی ئوممەتەکەت ؛ چونکی ئەنجامی خێر بۆ تۆیەو بۆ پەیڕەوانی تۆ بە ئیخلاصو ئیستیقامەتو دەوام .

★ (وجـاءَكَ في هـذِهِ الحَـقُّ ومَوْعِظَـةٌ وذِكـرى لِلمُؤْمِنينَ) (١٢٠) ★

وە هات بۆ لای تۆ لە باسی ئەخباری پێغەمەرەکان ئەو حوکمەی کە راستەو موافیقی واقیعە لە باوەڕ بە خوداو پێغەمەرانو دەرزی ئەوان ، وە شتێ کە ئامۆژگاری بێ بۆ ئوممەتەکەتو ببێ بە هۆی دەسبەرداربوونی کوفرو گومڕاهیو بەدکردارییان ، وە کارەساتێکیش کە هۆی بیرکردنەوەی موسوڵمانانە لە ئەنجامی هەردوو لادا بە تایبەتی ئەو موسوڵمانانە کە هۆشی بیرکردنەوەیان هەیە .

★ (وقُلْ لِلَّذينَ لا يُؤْمِنونَ : اعْمَلُوا عَلى مَكانَتِكُمْ إنَّا عامِلونَ (١٢١) وانْتَظِرُوا إنَّا مُنْتَظِرونَ) (١٢٢) ★

وە بڵێ بەو کەسانە کە ئیمان ناهێنن : ئیش بکەن بە قەی دەستەڵاتی خۆتان ئێمەیش بە راستی ئیش ئەکەین ، وە چاوەڕێیی ئەنجام بکەن ئێمەیش چاوەڕێ ئەکەین .

★ (وَلِلّهِ غَيْبُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ) ★

هەر بۆ خودایە ئاگاداری بەســەر ئــەوەدا کە شاراوەتەوە لـــە ئاسمانەکانو لە زەویداو هەرچی کارو کردارە ئەگەر بۆ موسوڵمانەو ئەگەر بۆ کافرە هەر بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە • وە ئــەو جەزای هەردوو لا ئەداتەوە . واتە هەر خودایە زانایە بە هەموو بیرو باوەڕێو کارو کردەوەیێو هەر خودایە تەوانایە لەسەر هەموو شتێ ، وە ئەم دوو سیفەتە بۆ زاتی خودا ئەبن بــە هــۆی بەندەیی‌کردن بۆیو تەوەکول لــە سەری بۆیە فەرمووی :

★ (فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ) ★

بەندەیی بە راستیو ئیخلاص بۆ خودا بکەو پاڵو پشتتو هێزی دڵت لەسەر ئەو بێ •

★ (وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (١٢٣) ★

وە خودای تۆ بێ ئاگا نیە لەوە کە ئێوە ئەیکەن لـــە موسوڵمانو کافرانو جەزایشیان هەر ئەو ئەیداتەوە بە دۆزەخو بەهەشت •

لە خودام ئەوێ کە بە میهرەبانی خۆی تەوفیقمان بدا لەسەر عیلمو زانستی بەسوودو ، لەسەر کردەوەی بەرەو مەقسوودو ، بمانخاتە بــەر تکای خاوەنی مەقامی مەحموود •

سوورەتی یوسف

مەکیـیــە ، ئایەتــەکانی ١و ٢و ٣و ٧ نەبێ ئەوانە مەدەنین ، ١١١ ئایەتە ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

★ (الـر) ★

خودا عالمە بە مەعنای ٠

★ (تِلْكَ آياتُ الكِتابِ المُبِينِ) (١) ★

ئەم سوورەتە کە نازڵ بوە بۆ سەر تۆ ئایاتی کتێبێکن کە رووناکو دیاریو ئاشکران ٠

★ (إنَّا أنْزَلْناهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لَعَلَّكُمْ تَعْقِلونَ) (٢) ★

بە راستی ئێمە ئەم کتێبە رووناکەمان نازڵ کردوە ، بـە ئیعتیباری بازێکیو . باقیـەکەیشی بـە مۆڵەت رەوانە ئەکـەین کـە حاڵی وەهایە قورئانێکە بە زمانی عەرەبی ، بە هیوای ئەوە کە ئێوە تێبگەنو بە دڵ فامی مەعناکەی بکـەنو بیکەن بـە دەستوور بۆ بیرو باوەڕو کردەوەی خۆتان ٠

★ (نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أحْسَنَ القَصَصِ بِما أوْحَيْنا إلَيْكَ هذا القُرْآنَ وإنْ كُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الغافِلِينَ) (٣) ★

ئێمە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ بە گێڕانەوەیەکی زۆر باش باسی شتێکی واو رووداوێکی وەها کە دەلالەت بکا لەسەر ئەوە کە هەمیشە لە دنیادا بازێ

کەس حەسوودی ئەبەن بە بازەکەسێ‌و ئەیانەوێ زیان بدەن لە گیان‌و ماڵیان . بەڵام خودا خواستی لەسەر پارازتنی هەرکەسێ بێ ئەیپارێزێ‌و زیان بەو کەسە ناگا . وە خودا بیەوێ هەرکەسێ گەورە بکا گەورەی ئەکاو کەس ناتوانێ مەنعی خودا بکا لە خواستی ئەو ، وە پیاوی بەناموس ئــەو کەسەیە هەمیشە ناموسی خۆی‌و ناموسی خەڵك بپارێزێ‌و بــە ئارەزووبازی ئابڕووی خۆی‌و خانەدان‌و خزم‌و خوێشان‌و مەسلەك نەبا ، وە ئەگەر لە رێگەی ژیانا کەسانێ زیانیان پێگەیاندو هەلی بۆ هەڵکەوت تۆڵە بسێنێتەوە لێیان لە باتی ئەو تولەسەندنە عەفویان بکاو چاوپۆشییان لێ بکا ، وە ئینسان لە رێگەی خزمەتی داماوانەوەو لە چاودێری ئوممەتەوە لە کاتی نەهاتا بەرز ئەبێتەوەو ئەگا بە پایە ، وە ئینسان هەرچەن پایەی بەرز بێ ئەبێ حورمەتی باوك‌و دایك‌و برای وەکو حورمەتی عامەی بە حورمەتان راگیر بکا ، وە لە پاش ئەوە کە ئینسان بە پایە گەیشت بە خۆی بایی نەبێ‌و لە خودا یاخی نەبێ‌و حوقووقی بەندەیی خودا بەجێ بێنێ ، وە کاتێ گەیشتە تەمەنی هاتنی ئاکام هەمیشە داوای عەفوو عاقیبەت خێری بکا لە خودای میهرەبان .

وە ئــەو گێڕانەوەیشە بــە وەحی‌کردن‌و رەوانەکردنی ئــەم قورئانە پیرۆزەیە بۆ لای تۆ هەرچەن کە تۆ لە پێش ناردنی ئەم قورئانەدا ئاگادار نەبوویی بەســەر ئــەو رووداوانەدا ؛ چونکی نەخۆت خوێنــدووتە لــە زانستگاداو نە خوێندەواری دیاریش لە وڵاتەکەتا بوون هەتا بە شێوەی دەرزدادانی گشتی ئەم باسانە بە شێوەیەکی راست بگێڕنەوە بۆتان ، وە هەر وەزعی وڵاتەکەت دەلیلە لەسەر ئەوە کە تۆ پێغەمەری خودای‌و خودا ئەم دەرزانەت بۆ رەوانە ئەکا .

★ (إذْ قالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ : يا أَبَتِ إنّي رأيْتُ أحَدَ عَشَرَ كَوْكَباً والشَّمْسَ والقَمَرَ رأيْتُهُمْ لي ساجِدِينَ) (٤) ★

باسی ئەوە بکە کە یوسف کوڕی یەعقوب ، کوڕی ئیسحاق ، کوڕی ئیبراهیمی باپیرەگەورەی خۆت عەرزی یەعقوبی باوکی کرد : بابە بە راستی من لە خەودا چاوم کەوت بە یازدە ئەستێرەو رۆژو مانگ هەموو ئەمانە لە ئاسمانەوە هاتنەخوارەوە بۆ عەرزو سەری حورمەتیان بۆ من دانەواند •

★ (قالَ : يا بُنَيَّ لا تَقْصُصْ رُؤْياكَ على إخْوَتِكَ فَيَكِيدوا لَكَ كَيْداً إنَّ الشَّيْطانَ لِلإنْسانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ) (٥) ★

حەزرەتی یەعقوب ـ د ـ لە تەعبیری ئەم خەوەدا وا هاتە بەر زەینی کە یوسف ئەبێ بە پیاوێکی خاوەن پایە لە جیهاناو شتی وای بۆ رێك ئەکەوێ کە عادەت نیە • جا لە ترسی ئەوە کە براکانی لە تەعبیری ئەم خەوە حالّی بین‌و داوێکی بۆ بنێنەوە فەرمووی : کوڕە بچکۆلە خۆشەویستەکەم ئەم خەوەی دیوتە مەیگێڕەوە بۆ براکانت نەکا حیلەو فێڵێکت لێ بکەن ، بە راستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئینسان‌و لە رێگەی حەسوودیەوە گەلێ زاڵ ئەبێ بەسەریا •

★ (وكذلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ ويُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْويلِ الأحادِيثِ ويُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وعلى آلِ يَعْقوبَ كَما أتَمَّها على أبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إبراهِيمَ وإسحاقَ إنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٦) ★

واتە وەکو خودا تۆی هەڵبژارد بۆ ئەو خەوە جوانە وەهایش هەڵتئەبژێرێ‌و ئەتکا بە زانای مەعناو مەفاهیمی ئەحادیث‌و موشکیلاتی

کتێبە ئاسمانیەکانو ڕووداوەکانی دنیاو ئەمثالی ئەهلی حیکمەتو ئەسراری ئەهلی ماریفەتو لایەقت ئەکا بۆ ئیدارەی ئوموری ئوممەت ، وە خودا نیعمەتی خۆی تەواو ئەکا بە دانی خەلاّتی نوبووەتو ڕیسالەتو بەرزی لەسەر تۆو لەسەر ئالی یەعقووبو نەتەوەی ئەو ، وەکو ئەو نیعمەتەی تەواو کرد لەسەر باپیرەکانت لەمەوپێش : ئیسحاقو ، ئیبراهیم ، بە ڕاستی خودای تۆ زانایە بەوە لە چ زاتێکدا ئەم سیفاتە بەرزانە دائەنێو ، خاوەن حیکمەتە لە کەرەمو بەخششی خۆیاو ئەتوانێ هەموو نیعمەتێ بدا بە هەرکەسێ خواستی بێ •

ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە ـخـ لە حەزرەتەوە کە فەرموویەتی : (الكريم ابن الكريم ابن الكريم يوسف بن يعقوب بن اسحاق بن ابراهيم ، رواه البخاري والترمذي) •

ئەبوهورەیرە ـخـ فەرمووی : پرسیارکرا لە پێغەمەر ـدـ : کام ئادەمیزاد گەورەترە ؟ ئەویش فەرمووی : گەورەتریان لای خودا ئەوەیە زۆرتر لە خودا بترسێ • عەرزیان کرد : مەبەسمان ئەوە نیە • فەرمووی : دەی گەورەتریان (واتە بە ڕشتەی نەسەب) یوسفە کە پێغەمەری خودایە کوڕی پێغەمەری خودا کوڕی پێغەمەری خودا کوڕی پێغەمەری خودا کوڕی دۆستی خودایە • وتیان : لەمەیش ناپرسین • فەرمووی : یانی لە ئەصڵو کانی عەرەب پرسیار ئەکەن ؟ عەرزیان کرد : بەڵێ ، فەرمووی : دەی هەر قەومێ کە لە زەمانی پێش ئیسلامیەتا باش بووبن ئەوانە لە عەهدی ئیسلامیەتیشا باشن بە مەرجێ ئاگادار بن لە دەرزی دینداو ڕەفتاری پێبکەن •

ئەم فەرموودەی حەزرەتە زۆر بەرزو بە نرخە •

یەکەم : شەرافەتی کرد بە ترسان لە خودا •

دوەم : شەرافەتی کرد بەوە چەن پشتی لەسەر یەك خاوەن پایە بن لە لای خودا •

سێهەم : شەرافەتی کرد بە ئیعتیبارو قیمەتی ناو کۆمەڵی ئادەمیزاد بە مەرجێ کە خاوەنی زانستو زانیاریو کردەوەی موسوڵمانانە بن •

لەم فەرمودەوە دەرئەکەوێ هەر ئادەمیزادێ زانابێو رەفتار بکا بەو زانستی خۆیە ئەوە لە چەرخی خۆیا بۆ ئەوە ئەشێ بە ئینسانی بەنرخ حسێب بکرێ کوری هەرکەسێ بێ •

★ (لَقَدْ كانَ فِي يُوسُفَ وإخْوَتِهِ آياتٌ لِلسَّائِلِينَ) (٧) ★

بە راستی هەیەو بوە لە یوسفداو لە رەفتاری براکانی لەگەڵ ئەودا چەن دەلیلێکی گەورەی بە نرخ بۆ ئەو کەسانە پرسیار ئەکەن لەم باسە • واتە لە رووداوی بەینی ئەوانا ئەوەندە شتی وردی تێدا هەیە هەرکەسێ لەم باسە بپرسێو جوابەکەی وەربگرێ گەلێ ئیستیفادە ئەکا بۆ دینو بۆ دنیاو بۆ حاڵی نەفسی خۆیو بۆ حاڵی لەگەڵ غەیری خۆیدا ، خواه ئەو غەیرە بازە کەسێکی کەم بن یاخود ئوممەتێ بن •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : یوسف کورێکی خاوەن بارە بوە لە صوورەتو سیرەتاو ئینسانی وەها حەسوودی پێئەبرێ حەتا لە لایەنی براو کەسی خۆیەوەو پێویستە ئەو کەسە هۆشیار بێو ئاگای لە خۆی بێ •

دووهه‌م یوسف گیروده بوو خۆی گرت له‌و مه‌ینه‌ته‌دا ، وه هه‌رکه‌سێ کاتێ گیروده بو پێویسته خوگربێو خۆی ته‌سلیمی قه‌زاو قه‌ده‌ر بکا .

سێهه‌م : زۆر جوان بو ، وه هه‌رکه‌سێ وابێ گیروده‌ی عه‌شق‌و مه‌حه‌به‌تی خه‌ڵك ئه‌بێ ؛ جا له‌و کاته‌دا پێویسته هه‌تا هێزی تیایه به ناموس بێ‌و ئه‌و نیعمه‌تی جوانییه خودا پێیدا له شتی بێ‌ناموسیدا زایه‌ی نه‌کا .

چواره‌م : پێویسته وه‌کو یوسف خه‌یانه‌تی له خانه‌دانی خاوه‌ن حوقووقی نه‌کرد هه‌رکه‌سێ که حه‌قی له‌سه‌ر ئینسان بو وه‌فا به حه‌قی ئه‌و که‌سه بکا .

پێنجه‌م : کاتێ ئینسان که‌وته به‌ینی دوو شتی نابارده‌وه یه‌کێکیان ناباری دینی بێ‌و ئه‌ویان ناباری دنیایی بێ ئینسان نابارە دنیاییه‌که هه‌ڵبژێرێ بۆ ئه‌وه له نابارە دینییه‌که رزگار ببێ .

شه‌شه‌م : ئینسان هه‌لی خۆی له ده‌ست ده‌رنه‌کا ، وه‌کو یوسف که مه‌جالی ده‌ستکه‌وت له لای پاشای (مصر) خۆی پێ نیشان‌داو تێیگه‌یاند کاری گه‌وره‌ی پێ‌ئه‌کرێ هه‌تا ئه‌ویش کردی به وه‌زیرو میصری له به‌رده‌ستیا دانا .

حه‌وته‌م : باوه‌ڕکردنه به‌وه خودا بیه‌وێ هه‌رکه‌سێ بپارێزێ ئه‌یپارێزێ . وه هه‌رکه‌سێ گه‌وره بکا گه‌وره‌ی ئه‌کا .

★ (إِذْ قَالُوا : لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) (٨) ★

درێژه‌ی ئه‌م باسه ئه‌مه‌یه : که حه‌زره‌تی یه‌عقوب کوڕی حه‌زره‌تی

ئیسحاق ــدــ پورزایەکی خۆی (یانی کچی خوشکی دایکی) مارەکرد ناوی (لیا) بو لەم ژنە حەوت کوڕی بو (یەهوداو ، روبیل‌و ، شەمعون‌و ، لاوی‌و ، ربالون‌و ، یشجرو ، دینەو) دو جارییەیشی بو ناویان (زلفە)و (بلهة) بو لەم دوانەیش چوار کوڕی بو : (دان‌و ، نفتالی‌و ، جادو ، آشر) وە لە پاش مردنی (لیا) ، (راحیل)ی خوشکی لیای مارەکرد ، لەم ژنەیش (یوسف‌و ، بنیامین)ی بو ، وە ئەو کوڕە گەورانە مەشغووڵی خزمەتی ئەو خانەدانە بوون‌و لەسەر وەزعی رۆژ ئیدارەیان کرد •

بەڵام لەبەر ئەوەی کە یوسف کوڕێکی زۆر شیرین بوو نیشانەی هەڵکەوتن لە ناوچاویا دیار بوو بــە تەمەنیش منداڵ بو هــەروا بنیامینی برایشی ، حەزرەتی یەعقوب زۆر مەیلی دڵی لە لای ئەم دوانە بو بە تایبەتی لــە لای یوسف • وە لەم لایشەوە ئەم دوو منداڵە دایکیان مابو وە لــە خانەدانەکەدا زۆرتر خزمەتیان ئەکرا •

جا کوڕە گەورەکان دڵیان گەردی گرت‌و وتیان : مەعنای نیە ئێمە ئەم هەموو باری زەحمەتە وا بەسەر شانمانەوە کەچی باوکمان بەم جۆرە رەفتار ئەکا لەگەڵ یوسف‌و براکەیاو موبالات بە ئێمە ناکاو هەموومان ئەولادی ئەوین ! بە راستی باوکمان لە بابەتی تەماشاکردنی کۆمەڵایەتی خانەدانەوە رێگەی راستی ون‌کردوە ، وەکو خودا ئەو ئایەتەی نازڵ کردوە ئەفەرموێت : براکانی یوسف وتیان : بە راستی یوسف‌و بنیامینی برای خۆشەویسترن لە لای باوکمان لە ئێمە وەلحاڵ ئێمە کۆمەڵێکین‌و خزمەتی ئەوو ئەم خانەدانە ئەکەین ، بە راستی باوکمان لەم رووەوە رێگە نازانێ !

★ (اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ) (٩) ★

لـه به‌ینی خۆیانا وتیـان : بنیامین زۆر منداڵه‌و شێوه‌یشی وه‌کـو یوسف‌نیه‌و ئیسته یوسف ته‌ماشاکردنی باوکمانی راکێشاوه ، بێن یوسف بکوژن یاخود فڕه‌ی بده‌ن بۆ شوێنێکی وا نه‌گه‌ڕێته‌وه بۆ لای باوکم . با رووی باوکتان هـه‌ر بۆ ئێوه بمێنێته‌وه ، پاش ئـه‌وه ته‌وبه بکـه‌ن‌و مه‌شغووڵی صه‌لاحه‌ت‌و عیباده‌ت بن‌و ئیشی دنیای خۆتان رێك بخه‌ن‌و خزمه‌تی باوکیشتان بکه‌ن ، ئه‌ویش رێك ئه‌که‌وێ له‌گه‌ڵتاناو ، ئه‌م بیره بیری شه‌معون بوه‌و باقی براکانی پێی رازی بوون .

★ (قـال قائِل" مِنهُم : لا تَقتُلوا يُوسُفَ وألقُوهُ في غَيابَتِ الجُبِّ يَلتَقِطهُ بَعضُ السَّيَّارَةِ إن كُنتُم فاعِلِينَ) (١٠) ★

وه خاوه‌ن رایێ تریان وتی : بابه یوسف مه‌کوژن ، کوشتن تاوانێکی گه‌وره‌یه ، بـه‌ڵام بیهاوێنه ناو بێخی بیرێ ، لـه لایه‌کـه‌وه دیار نـه‌بێ‌و نه‌یشخنکێ ، هه‌تا بازێ له‌وانه کاروان ئه‌که‌ن‌و ئه‌ڕۆنه سه‌ر ئه‌و بیره ئاو هه‌ڵئه‌گۆزن به دۆڵچه‌و به یوسف ئه‌زانن‌و له بیره‌که‌ی ده‌ردێنن ، ئه‌گه‌ر ئه‌تانه‌وێ ئیشێکی وا بکه‌ن جیای بکه‌نه‌وه له باوکی ، وه خاوه‌نی ئه‌م بیره براگه‌وره‌که‌یان بو که ناوی (یه‌هوذا) بو ، وه هه‌مو براکان له‌سه‌ر ئه‌م بیره دڵیان دامه‌زرا ، جـا که‌وتنه هاتوچۆ بۆ ئـه‌وه کـه ئیزن لـه باوکیان وه‌ربگرن‌و یوسف ببه‌ن بۆ ساراو له‌وێ ونی بکه‌ن .

★ (قـالوا : يا أبانَا مـا لَكَ لا تَأْمَنّـا علی يُوسُفَ وإنّـا لَـهُ لَناصِحونَ ؟ (١١) أرسِلهُ مَعَنا غَداً يَرتَع ويَلعَب ، وإنّا لَهُ لَحافِظونَ) (١٢) ★

جا رۆیشتن بۆ لای حه‌زره‌تی یه‌عقوب ـدـو عه‌رزیان کرد : نازانین چیت لێ بوه به مانیع که تۆ ئێمه به ئه‌مین نازانی له‌سه‌ر یوسف وه‌لحاڵ

ئێمە هەموو خزمەتی ئەکەین‌و خێرخواهی ئەوین ؟ جا ئەگەر بە ئەمینمان دائەنێی سبەینێ لەگەڵ ئێمەدا ئیزنی بدە بێت بۆ سەیران ، لە خواردەمەنی دەشت ئەخوا ، وە یا لەو شتە خۆشانە کە بە ئێمەیە ئەخواو بۆ خۆی گاڵتەو یاری ئەکاو بە راستی ئێمە بۆ ئەو نیگابانین‌و ئەیپارێزین لە هەموو ئازارو بێزارو درِندەو حەیوانی کۆسار •

★ (قالَ : إنّي لَيَحْزُنُنِي أنْ تَذْهَبُوا بِهِ وأخافُ أنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وأنْتُمْ عَنْهُ غافِلونَ) (١٣) ★

حەزرەتی یەعقوب هەرچەن بە دەلیل‌و نیشانەدا ئەیزانی کە ئەوان بیریان باش نیە لەگەڵ یوسفدا بەڵام ئەوەی نەدا لە روویان‌و بیانووی بە دوو شت هێنایەوە ؛ یەکەم : فەرمووی : بەمە کە یوسف بەرن‌و لە بەرچاوم ون بێ‌و بیبەن بۆ دەرەوە دڵم تەنگ ئەبێ ، چونکی ئولفەتم پێوە گرتووەو کاتێ لەبەرچاوم نەبێ دڵم دائەگیرێ •

دوەم : ئێوە گەنجن‌و لە دەشتا خەریك ئەبن بە گاڵتەو یاری کردن‌و ئەترسم لە چاودێری یوسف غافڵ بن‌و دەشتی کەنعان گورگی زۆرەو گورگێ لەوانە بێت هەڵی‌بگرێ‌و بیخوات •

★ (قالوا : لَئِنْ أكَلَهُ الذِّئْبُ ونَحْنُ عُصْبَةٌ إنّا إذاً لَخاسِرُونَ) (١٤) ★

ئەوانیش وتیان : کاری وا چۆن ئەبێ ؟! وەڵڵاهی ئەگەر گورگ بێت یوسف بخواو ئێمە کۆمەڵێکین‌و لەم کۆمەڵەدا کەس چاودێری نەکا هەتا گورگ هەڵی بگرێ وە یاخود بە فڕاندن بێت بیفڕێنێ‌و ئێمە چارمان پێ نەکرێ ، ئێمە مادام وابێ کۆمەڵێکی زیانکاری بێ‌نرخ‌و بێ ئیعتیبارین ! حاشا ! لەم خەیاڵانە دوور بکەوەرەوەو ئیزنی بدە بێ بۆ سەیران •

★ (فلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وأجْمَعوا أنْ يَجْعَلوهُ في غَيابَتِ الجُبِّ وأوْحَيْنا إلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأمْرِهِمْ هذا وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ) (١٥) ★

واتە حەزرەتی یەعقوب لە بەینی دڵخوازو نەبەدڵیدا ئیزنی دان یوسف ببەن بۆ سەیرانو ، کاتێ کە بردیان بۆ دەشتی کەنعانو هەموویان بڕیاریان دا کە بیهاونە ناو بیرەکەوە گەلێ بێڕەحمیو دڵڕەقییان کرد لەگەڵیا ، واتە هەرچەن لێیان پاڕایەوە سوودی نەبوو ، کراسەکەیان لەبەر داڕنیو دایانهێشتە ناو بیرەکەوە ، وە لەو کاتەدا کە ئەو لە مردن رزگار بو ، وە لە ناو بیرەکەدا لە گۆشەیەکەوە کزی کردبو ئێمە بۆ دڵخۆشیدانەوەی یوسف ئیلهامی دڵی ئەومان کردو تێمانگەیاند : کە تۆ لەم بیرە دەرئەچیو رۆژێ ئەبێ ئەمبرا ناپیاوانەت گرد ئەبنەوە لە لای تۆداو تۆ خەبەریان پێ ئەدەی بەم کارە نابارە کە ئەوان لەگەڵ تۆدا کردیانو ئەوان نازانن کە تۆ یوسفی برای ئەوانی •

وە پاش ئەوە ئەو برایانە لە دەوری بیرەکە دوورکەوتنەوە حەیوانێکیان سەربڕی بۆ خویان کردیان بە بوریانیو بە خوێنی ئەو حەیوانە کراسەکەی یوسفیان سوور کرد •

★ (وجَاؤا أباهُمْ عِشاءً يَبْكونَ) (١٦) ★

وە لە کاتی عیشادا هاتنەوە لای یەعقوبی باوکیان بە کوڵ ئەگریان •

★ (قالُوا : يا أبانَا إنَّا ذَهَبْنا نَسْتَبِقُ وتَرَكْنا يُوسُفَ عِنْدَ مَتاعِنا فَأكَلَهُ الذِّئْبُ) : ★

وتیان : بابە بە راستی ئێمە کاتێ گەیشتین بە سارا رۆیشتین بۆ

موسابەقەو راکردن بــە مەیدانا بزانین کام لــە ئێمــە زۆر توند رائەکاو پێش ئەکەوێ‌و یوسفمان بەجێ‌هێشت بە لای بەرگ‌و پۆشاکەکەمانەوەو لەو کاتەدا گورگ خواردی •

★ (وما أنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنا ولَوْ كُنَّا صادِقِينَ) (١٧) ★

وە تۆ لەوانە نیت کە باوەڕمان پێ‌بکەیت هەرچەن ئێمە راستگۆ بین •

★ (وجاؤُا على قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ) ★

وە بە خوێنێکی درۆینە کراسەکەیان خوێناوی کردو هێنایان بۆ لای باوکیان ، ئەویش تەماشای کراسەکەی کــرد خوێناوی بو بەڵام ئاســاری دان‌و چنگی گورگی پێوە نەبو ، لەوێدا باش حاڵی بوو کە یوسف گورگ نەیخواردوە • .

★ (قالَ : بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أنْفُسُكُمْ أمْراً) ★

فــەرمووی : یوســف گورگ نەیخواردوە بەڵکــو نەفسی خۆتان شتێکی وای بۆ سازاندوون کە بیکەن‌و پیشانی منی بدەن •

★ (فَصَبْرٌ جَمِيلٌ) ★

وە بەش‌و بارەی من صەبرێکی جوانی وایە کە موناسبی خانــەدانی رەهبەران بێ ، واتە دەس نەکەین بە هاوارکردن‌و لەخۆدان ، وە هاوار نەبەم بۆ گەورەیێ لــە وڵاتەکەدا بێت بتانگرێ‌و سزاتان بدا هەتا ئەوەی کردووتانە دەربکەوێ ، وە لەگەڵ خەڵکیشا نەڕۆم بۆ کێوماڵ تا بزانم لە کوێدا کوژراوە یا گورگ خواردوویەتی یا خراوەتە چاڵێکەوە •

★ (واللهُ المُسْتعانُ على مَا تَصِفونَ) (١٨) ★

هەر خودایە داوای یارمەتی لێ ئەکرێ بۆ ئەوە تەوانایی بدا بە دڵی من لەسەر هەڵگرتنی ئەم بارە گرانە کە ئێوە باسی ئەکەن •

بزانن ! ئەوەی کە مەعلوومە لە دینا ئەمەیە صەبرکردن لەسەر مصیبەت لەگیانا یا لە داراییدا یا لە شانو پایەدا یا لە ناساغیدا سیفەتێکی گەورەیەو لە سیفاتی پێغەمەرانو رەهبەرە گەورەکانە • وە مەعنای صەبرێ کە واجبە لەسەر موسوڵمان ئەمە نیە کە ئێش نەگا بە دڵی ، یا نەگریێت ، تەماشا ئەکەین حەزرەت ـدـ لەسەر ئیبراهیمی کوڕی کـە وەفاتی کرد گریاو فەرمووی : ئێمە لەسەر مردنی تۆ غەمبارو زویرین •

بەڵکو مەعنای صەبری شەرعی دوو شتە : یەکەم ئینسان وا بزانێ ئەم مصیبەتە خودا ناردوویەتیو خودا فەرمانڕەوای عامەو واجبی ئێمـە ئەوەبە لەم رووداوەدا ئیعتیرازمان نەبێ لەسەری کە بۆچی وەهات کرد ؛ چونکە خاوەن حیکمەتی موطڵەق جێگەی ئیعتیراز نیە •

دووهەم : ئەو ئینسانە کە گیرۆدە بوە کارێ نەکا بە هاوارکردن ، وە یا گلەیی کردن ، وە یا هاتوچۆ بۆ لای خەڵکی کە نیسبەت بە پایەی ئـەو کەسە موناسب نەبێ ••• کـە وابێ مەعنـای (صەبری جەمیل) خۆگرتنێکە لە پاش ئیعتیراز نەگرتن لە خودا هاوارو تەقالاو دەنگو باسی تێدا نەبێ ، وە (صەبری غەیرە جەمیل) ئەوەیە کە ئینسان دەست بکا بەو هاوارو هاتوچوە : بۆیە حەزرەتی یەعقوب ئەڵێ : باسی دڵزویری خۆم هەر لە لای خودا ئەگەم •

وە بیشزانین مەعنای صەبر ئەوە نیە کە ئینسان مادام بتوانێ چاری دەردی خۆی بکا نەکەوێتە شوێن چاری دەرد ، بەڵکو دروستە بۆ ئینسان

هەر دەردێو هەر بەلایێ کـە دینی بێ یا دنیایی بێو لـە ئیمکاندا بێ چارکردنی حەول بدا بە پەنابردن بۆ لای خاوەن دەسەلات ، وە یا بـە دەرمانکردن ، وە یا سەرفی ماڵ ئەو مسیبەتە چار بکا ، جا کە هەر چار نەکرا دەرئەکەوێ کە قەزای خودا صادر بوەو تەسلیم ببێو بڵێ : (انا لله وانا الیه راجعون) •

هەروا بزانن ئەم برایانی یوسفە کە ئەم کارە ناهەموارەیان کردوە لەگەڵیا هیچ کام لەوان نەبووە بـە پێغەمەرو وەحی بۆ نەهاتوە لـە لای خوداوە ؛ چونکە ئەصەح ئەمەیە پێغەمەران لە پاش خەلاتی پێغەمەرایەتیو لە پێش ئەوەیشا ئەبێ مەعصووم بن لە گوناحی گەورەو ئەم گوناحە کە ئەوان کردیان بو بە چەن گوناح ، وەکو قەسدی ئیهلاکی یوسف ؛ چونکی غالبی گومانیان وابو کە ئەمرێو دەرهێنانی کاروانی قەطعی نەبو • وە لەم لایشەوە دلی باوکیان بەو جۆرە نابارە ئازارداو چەن درۆو دەلەسەو سوێندی درۆ لەم کارەساتەدا هاتە سەریان •

★ (وجـاءَتْ سَيَّارَةٌ فأرْسَلوا وارِدَهُمْ فأدْلى دَلْوَهُ قـالَ : يا بُشْرى هـذا غُلامٌ ، وأسَرُّوهُ بِضـاعَةً ، واللهُ عَلِيـمٌ بِمـا يَعْمَلونَ) (١٩) ★

ریوایەت کراوە پاش سێ رۆژ لـەو رووداوە کاروانێ لـە شاری (مدین)ەوە رووی کردە (مصر)و لە رێگەدا لە نزیکی ئەو بیرەدا باریان خستو ئاسایشیان کردو لەسەر یاسای کاروانی پیاوێ ناوی مالیکی کوڕی ذعری خەزاعی بو ناردیان ئاویان لـەو بیرە بۆ هەڵێنجێ ، ئەویش کاتێ دۆلچەکەی داهێشتە خوارەوە حەزرەتی یوسف رۆیشتە ناو دۆلچەکەوە کاتێ هەڵیان کێشا تەماشایان کرد کوڕێکی جوانی تێدایە ! ئەویش زۆر

شادمان بو وتی بە هاوڕێکانی: موژدە بێ ئەمە کوڕێکی جوانە لەناو دۆلچەکەدا هاتەسەرەوە . جا لە ناو خۆیانا وەکو کەلوپەلی بازرگانی شاردیانەوە بۆ ئەوە کەس پێیان نەزانێ . وە خودایش زانایەو زانا بو بە کارەکەیانو حەزی کرد بەوە کە دەستی ئەوانە بکەوێ بۆ ئەوە کە بیبەن بۆ میصرو بکەوێتە خانەدانی وەزیرەوە •

★ (وشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَراهِمَ مَعْدودَةٍ وكانُوا فِيهِ مِنَ الزّاهِدِينَ) (٢٠) ★

وە ئەو کەسانە کە یوسفیان دەرهێنا لە بیرەکە کاتێ گەیشتنە میصر یوسفیان فرۆشت لەسەر حسێبی ئەوە کە بەندەی مالی تیجارەتە ـ بە وەکیلی مەصرەفی وەزیری میصر بە پارەیەکی کەم کە عیبارەت بو لە چەن درەمێو ئەوانە لە بابەتی موعامەلەی یوسفەوە لەوانــە بوون کە مالی دنیایان نەوێ هەر ئەوەیان ئەویست کە بیفرۆشنو لە لایان نەمێنێ لـە ترسی ئەوە نەکا خاوەنی ئەو غولامە بکەوێتە شوێن کاروانەکەو دەربکەوێ ئەو کوڕە دۆزراوەتەوەو مالی تیجارەت نیە •

★ (وقالَ الَّذي اشْتَراهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ : أَكْرِمِي مَثْواهُ ، عَسَى أَنْ يَنْفَعَنا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً !) ★

وە ئەو وەزیرە کە یوسفی کڕی لە میصرا وتی بە ژنەکەی : خزمەتی ئەم غولامە بکەنو باش بەخێوی بکەن ، هیوام وایە کە قازانجمان پێ بدا لە خزمەتکردنی دیوانو مالا وە یا لە کلیل بەدەستی مەصرەفدا ، یاخود هەر بیکەین بە کوڕی خۆمان مادام ئەدەبو ئەخلاقی بەرزمان چاوپێکەوت لە رەفتاریەوە •

★ (وكذلِكَ مَكَّنّا لِيوسُفَ في الأرْضِ ولِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأويلِ الأحاديث ، واللهُ غالِبٌ على أمْرِهِ ، ولكِنَّ أكْثَرَ النّاسِ لا يَعْلَمونَ) (٢١) ★

وە هەر وەکو چۆن یوسفمان لە بیرەکە رزگار کردو لـە میصرا فرۆشتمان بە وەزیری پاشا هەروا خاوەن دەستمان کرد لە عەرزی مولّکی وەزیرا ، وە یا لە عەرزی ولاّتی میصرا ، وە تا بمێنێتەوە بە سەربەرزی لەوێدا ، وە تا تەعلیمی مـەعانی کتێبە ئاسمانیەکانی بکەین تا گەورەیی میصری پێ بکرێ ، وە خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیا بەلاّم زۆربـەی ئادەمیزاد نازانن بەم حاڵە •

★ (ولَمّا بَلَغَ أشُدَّهُ آتَيْناهُ حُكْماً وعِلْماً وكذلِكَ نَجْزِي المُحْسِنِينَ) (٢٢) ★

جا پاش ئەوە کە یوسف گەیشتە ئەوپەڕ پایەی هێزی وجوودیەوە کە مابەینی (٣٠) ساڵە تا (٤٠) ساڵ • حیکمەتی عەمەلیو رەفتاری پیاوانەی عادلانەو علمو زانستی واجباتی تایبەتی خۆی لـە هەموو بابەتێکەوە پێمانداو کردمان بـە ئینسانی هەڵبژێراوی زانای تەوانا • وە هـەر بەم جۆرەیش جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە خاوەن ئیحسانن‌و بیرو باوەڕو کردەوەو رەوشتیان باشە •

بزانن ! بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە : سەرەتای پێغەمەرایەتی حەزرەتی یوسف لەو کاتەوە بوە کە کەوتە ناو بیرەکەوەو خـودا پێی فەرمو : (لەمەولا ئاگادارت ئەکەم لە حاڵی براکانتو ئەوان بە تۆ نازانن) • وە بازێ فەرموویانە : سەرەتای پێغەمەرایەتی ئەو لەو کاتەوە بوە کە

خرایە زیندانەوە • وە بازێ فەرموویانە : پاش ئەوە کە یوسف بو بە ئەمینداری پاشای میصرو دەستی کرد بە خزمەتکردنی میللەتی میصر ، وە خودای تەعالا خۆی عالمە بە حەقیقەتی حاڵ • بەڵام ئەم بیرە دوایینە زۆر پەسەندە ؛ چونکی ئەگەر حەزرەتی یوسف لــە عومری چواردەو پازدەدا گەیشتبێ بــە میصرو کەوتبێتە ماڵی عەزیزی میصرەوە چەن ساڵێ لە ماڵی ئەوا بوەو پاش ئــەوە کە خراوەتە سیجنەوە حەوت ساڵ لـــە حەپسخانەدا بوەو پاش ئەوە لە حەپسخانە هاتوەتــە دەرەوە بوە بـــە کاربەدەستی دارایی پاشای میصر یاڵلا بوە بە ئینسانێکی رەسای موناسب بۆ پایەی رەهبەریو لەوەولا خودا کردوویەتی بــە رەهبەرو دەعوەتی خەڵکی کردوە بۆ دینی تەوحیدو بۆ شەریعەتی باوکو باپیرەکانی هەتــا ئیبراهیم (د) •

★ (وراوَدَتْهُ التي هو في بَيْتِها عَنْ نَفْسِهِ) ★

زۆر هاتوچۆی کرد ئەو ژنــە کە یوسف لە ماڵی ئــەوا بــو ، وە تێکۆشا لەگەڵ یوسف بۆ رامکردنی نەفسی یوسف بۆ خۆی ؛ چونکی یوسف زۆر جوان بو وە ئەو ژنەیش زۆر جوان بوو بــە دڵ گرفتاری عەشقی یوسف بووبوو ، وە ئەوەی کە ئینسان رابکێشێ بۆ ئارەزووبازی لـــە نیشاندانی شێوەی جوانی خۆی بــە بەرگی جوانەوەو کردنەبەری بــەرگی جوانو زەڕو زێوەری نایابو بــە نازو دەلاڵەوەو قســەکردن لەگەڵیاو خزمەتکردنیو دڵڕاگرتنی بەجێ هێنا •• هەتا بیری هاتە سەر ئەوە کە هەر چۆن ئەمر بکا بە یوسف ئیطاعەی ئەکاو ملیێچی ناکا • جا لەم کاتەدا فرسەتی لێ هێنا •

★ (وغَلَّقَتِ الأَبْوابَ وقالَتْ : هَيْتَ لَكَ !) ★

وە زلێخا دەرگای هۆدەکانی لە دەرو ژوورەوە داخست بە جۆرێ کەس پێیان نەزانێو وتی بە یوسف فەرموو : بێ بۆ لام تا پێکەوە رابوێرین ؛ وە حەزرەتی یوسف لەبەر پاکی نەفسی خۆی موبالاتی پێ نەکردو عوزری بۆ هێنایەوە بە سێ جۆر •

★ (قالَ : معاذَ اللهِ ! إنَّهُ رَبِّي أحْسَنَ مَثْوايَ إنَّهُ لا يُفْلِحُ الظّالِمونَ) (٢٣) ★

یەکەم : فەرمووی : پەنا ئەگرم بەو خودایە کە کردەوەی خراپی حەرام کردوەو پێویستە هەموو کەسێ خۆی لە حەرام لابدا بە تایبەتی یەکێ کە لە خانەدانی دینو زانیاری دین بێ •

دووەم : فەرمووی : ئەو کەسە کە خاوەنی عیصمەتی تۆیە گەورەو سەییدی منەو پایەی باش راگرتوومو زۆر دوورە لە حوقووقی وەفاو کەرامەتەوە ئینسان خەیانەت لەگەڵ خانەوادەی گەورەی خۆیا بکا ، بە تایبەتی گەورەیەکی وا کە حورمەتو پایەی دابێ بەو کەسە •

سێهەم : خۆ بەرەڵاکردن بۆ ئارەزووبازیو دەستبردن بۆ ناموسی خەڵك موخالیفی عەقڵی سەلیمە ، وە ستەمەو تەجاوزە لەسەر یاسای ویژدانو کەرامەتی ئینسانیو بە راستی هەرکەسێ ستەمکار بێ رزگاو نابێ •

★ (ولَقَدْ هَمَّتْ بِهِ ، وهَمَّ بِها لَوْلا أنْ رَأى بُرْهانَ رَبِّهِ ، كَذلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السّوءَ والفَحْشاءَ ، إنَّهُ مِنْ عِبادِنا المُخْلَصِينَ) (٢٤) ★

بە راستی ژنی وەزیری میصر زلّێخا نـاو قەصدی لەزەتوەرگرتنی کرد لە یوسف (د) . وە حەزرەتی یوسف بە هۆی ئینسانیەتەوە قەسدی زلّێخای ئەکرد ئەگەر لەو کاتە تاریکەدا چرای دلّی خۆی لە لایەنی خوداوە بە هەلّکراوی دەرك نەکردایێ ، بەلاّم لەو کاتەدا لە ویژدانی خۆیا دەرکی نووروو رووناکیو ئینشیراحێکی رۆحی وەهای کرد لە قەسدکردنی ئـەو کارە نابارە دوورکەوتەوە ، واتە یوسف قەسدی زلّێخای نەکرد ؛ چونکی هێزێکی رۆحی خودایی لە دلّیا پەیدا بو مانیع بو لەو قەصدەو ئێمە بۆیە ئەو بورهانەمان پێ‌نیشان دا بۆ ئەوە ئـەو کارە ناهەموارەی لێ دوور بخەینەوە ؛ چونکی بـە راستی بڕیاردراوە کە یوسف لـە بەنـدە خالیصکراوەکانو لە رەهبەرەکانە لە دەفتەری عیلمی ئێمەداو رەهبەران ئەبێ لە کاری نابار دوور بن •

★ (واستَبَقَا البَابَ) ★

جـا یوسفو زلّێخـا هـەردوو کەوتنـە کێ‌بەرکێ بۆ لای دەرگای مالّەکە . وە هەرکام لـەوان کۆششیان ئەکرد بۆ ئـەوە کە لـە پێش ئەوا پێی بگەن ؛ یوسف ئەیویست بگا بە دەرگاکەو بیکاتەوەو خۆی رزگار بکا لە دەستی زلّێخاو ، زلّێخا ئەیویست زوو بگا بـەو دەرگایە هەتا پشتی پێوە بنێو نەیەلّێ یوسف دەرچێو مەقسودی خۆی بەجێ‌بێنێ وە یا خەلّك بەو کارەساتە نەزانن ، وە یوسف کەوتە پێشو زلّێخا لـە دوایەوە ملەوانی کراسەکەی یوسفی گرت •

★ (وقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِنْ دُبُرٍ) ★

وە کراسەکەی یوسفی لە پشتەوە دادڕی ؛ چونکی یوسف بەهێز

پەلەی ئەکرد بگات بە دەرگاکەو زلێخا کراسەکەی رائەکێشاو کراسەکە بـــە دەستیەوە درِا •

★ (وألْفَيا سَيِّدَها لَدَى البَابِ) ★

بە قەزاو قەدەری خودا لـــەو کاتەدا تەصادوفی مێردەکەی زلێخا واتە (قطفير) ناو وەزیری پاشای مصریان کرد • وە بـە فەوری بـۆ پێشدەستی ـ زلێخا هاواری کرد لە (قطفير) •

★ (قالَتْ : ما جَزَاءُ مَنْ أرادَ بِأهْلِكَ سوءً إلاّ أنْ يُسْجَنَ أوْ عَذابٌ أَلِيمٌ ؟) (٢٥) ★

وتی : جگە لە سیجن‌و سزای سەخت چی تر هەیە ببێ بــە تۆڵەی کەسێ کە بیەوێ خەیانەت لە عائیلەی تۆ بکا ؟

وە حەزرەتی یوسفیش بۆ چاری کەرامەتی خۆی هاتەدەنگ‌و

★ (قالَ : هِيَ راوَدَتْنِي عَنْ نَفْسِي) ★

فەرمووی : حاشا ! من هیچ کارێکی نابارم نەکردووەو ئەو هەوڵی دا بۆ رامکردنی من‌و منیش ویستم خۆم دەرباز بکەم تا لـــەم شوێنەدا گەیشتین بە تۆ •

★ (وشَهِدَ شاهِدٌ مِنْ أهْلِها : إنْ كانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وهُوَ مِنَ الكاذِبِينَ (٢٦) وإنْ كانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ) (٢٧) ★

وە لەوێدا شایەتێك لە خزمی زلێخا شایەتی داو وتی : تەماشا بکەن ئەگەر کراسەکەی یوسف لە بەرەوە دراوە ئەوە زلێخا راست ئەکاو یوسف

لە درۆزنانە ؛ چونکی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە یوسف دەستی بردوە بۆ زلێخاو ئەویش مەنعی‌کردوەو یوسف کراسەکەی دادڕیوە • وە ئەگەر کراسەکەی لە پشتەوە دڕاوە ئەوە زلێخا درۆ ئەکاو یوسف ڕاست ئەکا ؛ چونکی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زلێخا داوای ڕووبەڕوویی لـە یوسف کردوەو ئەویش پشتی لێ‌هەڵکردوەو زلێخا لە پشتەوە کراسەکەی گرتوەو ئەویش خۆی ڕاکێشاوە هەتا کراسەکەی لە پشتەوە دڕاوە •

★ (فلَمَّا رأى قَمِيصَهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ قالَ : إنَّهُ مِنْ كَيْدِكُنَّ إنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ) (٢٨) ★

جا کاتێ کە قطفیر تەماشـای کردو دەرکەوت کراسەکەی یوسف لە پشتەوە دڕاوەو باش تێگەیشت یوسف پاکە •• وتی : ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەم گریان‌و شکات‌و پێشدەستی تۆدا بە عیبارەتی جازیبە بۆ دڵی ئێمە لە حیلەی ژنانەی ئێوەیەو بە ڕاستی حیلەی ئێوە زۆر وردەو تەئسیری گەورە ئەکا وە ئەگەر هۆشیارییێکی باش نەبێ پیاو ئەهاوێتە هەڵەوە • جا پاش ئەوە کە وەزیر حاڵی بو لە وەزعی ناو ماڵەکە وتی :

★ (يوسُفُ أعْرِضْ عَنْ هذا) ★

ئەی یوسف وا ئەزانم تۆ پاکی‌و باسی ئەم ڕووداوە مەکە با دەنگمان دەرنەچێ •

★ (واسْتَغْفِري لِذَنْبِكِ إنَّكِ كُنْتِ مِنَ الخَاطِئِينَ) (٢٩) ★

وە ئەی زلێخا تۆیش داوای چاوپۆشی لە خودا بکە بۆ تاوانی خۆت ، بە ڕاستی لە تاوانبارانی لەم کارەساتەدا ، وە ئەم جارە بەم جۆرە سەری ئەم ڕووداوەیان نایەوەو باسەکە کپ بوەوە لە ناو ماڵەکەیانا •

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لەسەر ئەو تەفسیرە من نووسیم لە لایەنی حەزرەتی یوسفەوە ـدـ قەسدی کاری خراپ نەبوە لەبەر ئەوە کە جوملەی (وهم بها) ئەبێ بە جوابی (لولا)و لێی پێشکەوتوە وەکو ئیمام فەخری رازی بە نەقڵ لە سیبەوەیهیەوە ئەو پێشکەوتنەی رەوا داوە • کە وابێ مەعنای ئایەتەکە وایە : ئەگەر یوسف بورهانی خودای دەرك نەکردایێ قەسدی ئەو کارەی ئەکرد • بەڵام مادام بورهانەکەی دەرككرد ئەو قەسدەی نەکرد ، وە ئەمە مەعلوومە بۆ خوێندەوار •

دووهەم : لەسەر ئەو تەفسیرە من نووسیومە (بورهان)ەکە عیبارەتە لەو نوورە کە لەو کاتەدا خودای تەعالا دایناوە لە دڵی یوسفا خواه نووری عیصمەت بێ کە بۆ پێغەمەرانە ـ مادام لەو کاتەدا پێغەمەر بووبێ ـ یاخود تەوفیق‌و ئیرهاص بێ ـ ئەگەر لەو کاتەدا پێغەمەر نەبووبێ ـ وە کەلیمەی بورهان زۆر موناسبە بۆ ئەم هێزە مەعنەوییە ؛ چونکی بۆ هێزی قەطعی‌و بڕندە بەکار دێ ، وە نووری عیصمەتی پێغەمەرانو نووری تەوفیق هەردوویان زۆر بڕندەو خاوەن تەئثیرن •

سێهەم : ئەو شایەتە کە شایەتی دا بە پاکی یوسف بازێ لە موفەسیرەکان وتوویانە پیاوێ بو ئامۆزای زلێخا یا خاڵۆزای بو ، وە ئەو ئەم تەدبیرەی کرد بۆ عەزیزی میصر کە تەماشای کراسەکەی یوسف بکا : ئاخۆ لە بەرەوە دڕاوە یا لە دواوە ؟

وە زۆربەی موفەسیرەکان فەرموویانە : منداڵێ بو لە بێشکەدا خزمی زلێخا بو وە بە شێوەی (خرق العادة) خودا هێنایە وتار بۆ ئەو رووداوە بە دەلیلی فەرموودەی حەزرەت ـدـ کە فەرموویەتی : چوار منداڵ

هاتوونەتە وتار : (ماشطە)ی کچی فیرعەون • شایەتەکەی یوسف وە ئەو منداڵە کە لە زەمانی (جریج)ی راهیبدا هاتە وتار بۆ شایەتی پاکی (جریج) • وە عیسای کوڕی مەریەم ـ د ـ •

چوارەم : پێویستە بزانن کە حەزرەتی یوسف ـ د ـ لەو رووداوی ماڵی وەزیرەدا مەعصووم و پاك بوە لە هەموو جۆرە تاوانێ بە دەلیلی ئەوە ، وەکو ئیمامی رازی فەرموویەتی ، هەرکەسی پەیوەندی بووبێ بەو رووداوەوە شایەتی داوە بە پاکی یوسف وە ئەوانە کە عەلاقەدارن لەوا یوسف و ، زلێخاو ، شایەت و ، وەزیرو ، ژنانی میصری و ، خودای تەعالاو ، دوژمنی گەورە شەیتان •

١ ـ یوسف ـ د ـ فەرموویەتی : (هي راودتني عن نفسي) . واتە : زلێخا هاتوچۆی کرد بۆ لای من و ویستی مەیلی بدەمێ و من پەیوەندیم نەبو ، وە فەرموویەتی : (رب السجن احب الي مما يدعونني اليه) ، واتە : خودایا زیندانم پێ خۆشترە لەو تاوانەو لەو کارەی ئەوان منی بۆ بانگ ئەکەن • وە خودا ئەمانەی گێڕاوەتەوەو تەقریری کردوون •

٢ ـ زلێخا لای ژنە میصریەکان دانی پیاناو وتی : (ولقد راودته عن نفسه فاستعصم) ، واتە : بە راستی من هەوڵم دا لە گەڵ یوسفداو ویستم رامی بکەم ، واتە من تەماعم تێکردبوو لەگەڵی خەریك بووم بەڵام ئەو خۆی نەدا بە دەستەوە • هەروا لای پاشای میصریشدا پێی لێناو وتی : (الآن حصحص الحق ، أنا راودته عن نفسه ، وانه لمن الصادقين) ، واتە : ئێستە راستی دەرکەوت ، من فرو فێڵم کرد بۆ رامکردنی یوسف ، یوسف لە راستانە لە وتارو کردارا •

٣ ـ شایەتەکەیش بەیانی ئـەوەی کـرد کـە بو بـە هـۆی پاکی یوسف ـدـ •

٤ ـ وەزیری میصر وتی : (انه من کیدکن ، ان کیدکن عظیم) •

٥ ـ ژنە میصریەکان وتیان : (ما علمنا علیه من سوء) •

٦ ـ شەیتان بڕیاری داوە کە عیبادی خودا گومڕا بکا موخلیصەکان نەبێو خودا فەرموویەتی : (انه من عبادنا المخلصین) •

٧ ـ خودا فەرموویەتی : (کذلك لنصرف عنه السوء والفحشاء) واتە : بورهانمان پێنیشان دا بۆ ئەوە کە خراپە لادەین لە یوسف ، وەکو سەرەتای خەیانەتەکەو خەیانەتەکەیش خۆی •



★ (وقالَ نِسْوَةٌ في الْمدِينَةِ : امْرَأَةُ العَزِيزِ تُراوِدُ فَتاهَا عَنْ نَفْسِهِ ، قَدْ شَغَفَهَا حُبّاً ، إنَّا لَنَراهَا في ضَلالٍ مُبِينٍ) (٣٠) ★

واتە : هەرچەند خانەدانی وەزیر تێکۆشان بۆ کپکردنەوەی ئـەو دەنگو باسە بەڵام بە یاسای (قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ) هەواڵ بڵاو بوەوە بـە ناو شاری میصرداو ژنان کەوتنـە وتووێژو کۆمەڵێ ژنی هاوشانو هاوتەمەنی زلێخـا وتیان : ژنەکەی عـەزیز خەریکی دڵداریو هاتوچوە بۆ رامکردنی غـولامە خزمەتکارەکەی خـۆیو ، بـە راستی خۆشەویستی ئەو غولامە چوەتە ناو پەردەی دڵی زلێخاوەو بە راستی لەم روەوە ئێمە زلێخا بە گومڕاو بێهۆش ئەزانین ؛ چونکە خزمەتکارێ ئەوە نایەنێ •

★ (فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وآتَتْ كُلَّ واحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّيناً ، وقَالَتِ : اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ! فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ! وقُلْنَ : حاشَ لِلَّهِ ! ما هذا بَشَراً إِنْ هذا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ !) (٣١) ★

کاتێ که زلێخا ئه‌م قسه‌و باسه په‌نامه‌کی ئه‌وانه‌ی بیست ، وه‌لحاڵ قه‌سدی ئه‌وانیش له ژێره‌وه سووککردنی پایه‌و شانی زلێخا بو ، ناردی به دوایانا به ناوی ده‌عوه‌ته‌وه بانگی کردن بۆ ماڵی خۆی‌و ، بۆ هه‌رکام له‌وان نارنجێکی ئاماده کرد ، جا کاتێ هاتن‌و دانیشتن هه‌ر یه‌که‌و نارنجه‌که‌و چه‌قۆیه‌کی دا به ده‌سته‌وه‌و ، له‌و کاته‌دا که خه‌ریکی بڕینی نارنجه‌که بوون زلێخا به یوسفی وت : وه‌ره ده‌ره‌وه بۆ ناو کۆمه‌ڵی بانگکراوان ! کاتێ چاویان به شێوه‌ی جوانی دڵڕفێنی بێ وێنه‌ی یوسف که‌وت زۆر به شتێکی جوان‌و گه‌وره هاته پێش چاویان‌و ، به هۆی ته‌ماشاکردنی یوسفه‌وه هۆشیان لای خۆیان نه‌ماو ده‌ستی خۆیان له‌ت‌و په‌ت کردو ! هه‌موو وتیان : خودا دووره له ناته‌وانی‌و توانای به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا هه‌یه بۆیه توانیویه‌تی ئه‌م ئاده‌میزاده له‌م شێوه فریشته سروشته‌دا دروست بکا ، به‌ڵام ئه‌مه ئاده‌می نیه‌و ئه‌مه فریشته‌یه‌کی خاوه‌ن قه‌درو قیمه‌ت‌و دیارییه •

★ (قالَتْ : فَذلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ ! ولَقَدْ راوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فاسْتَعْصَمَ ، ولَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ ما آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ ولَيَكوناً مِنَ الصَّاغِرِينَ) (٣٢) ★

پاش ئه‌وه که زلێخا حاڵی بو ژنه میصریه‌کانیش گیرۆده‌ی جوانی یوسف بوون‌و که‌س به‌رابه‌ر به‌و جوانیه خۆی ناگرێ ، بێ شاردنه‌وه

وتی : ئا ئـەم جوانە کـە چاوتان پێی کەوت ئـەو غولامەیە کـە ئێـوە سەرزەنشتی منی لەسەر ئەکەن ! بە راستی من هەوڵم دا بۆ رامکردنی بۆ خۆمو ئەو هەر خۆی نەداوە بە دەستەوەو خۆی گرتوە ، وە پاش ئەوە کە ئێوە حاڵی بوون لەو شێوەو جوانیەو ئەزانن کە دڵ خۆی ناگرێ لـە ئاستی خۆشەویستی ئەودا ، سوێند ئەخۆم ئەگەر ئەوەی من لەوم ئەوێ نەیکا ئەخرێتە زیندانەوەو لە ریزی داماوەکانا ئەبێ •

لەمـەوە دەردەکەوێ کـە هەموو لایەکیان دانیان ناوە بەوەدا کـە ئیختیاریان لە دەست دەرچوە بەرابەر بە یوسف • جا ژنەکانیش دەستیان کرد بە ئامۆژگاری یوسفو حاڵیکردنی لەوە کە لە موخالەفەی زلێخادا گیرۆدەی مەینـەتی سزاو زیندان ئـەبێ ، وە یوسـف کـەوتە ئـەمری واقیعەوەو لـە پاش بیرکردنەوە لـەوەدا کـە نافەرمانی زلێخـا سزایەکی مەحدوودەو نافەرمانی خودای تەعالا عـارە بۆ دنیـاو ئاگرە بۆ عـالەمی نەبڕاوەی قیامەت •• لە خودا پاڕایەوەو هەوڵی پارازتنی خۆی دا •

★ (قَالَ : رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلاَّ تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الجَاهِلِينَ) (٣٣) ★

وتی : پەروەردگارا ! زیندان لە لای من گەلێ خۆشترە لەو کردەوە نابارەی کە ئەو ژنانە لێمیان دەوێو ، ئەگەر تۆ فڕو فێڵی ئەم ژنانەم لێ لا نەدەی لەوانەیە کە مەیل بکەم بۆ رابواردن لەگەڵیاناو ئەو کاتە ئەچمـە رزی ئارەزووبازانی نەفامەوە •

★ (فاسْتَجابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ، إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٣٤) ★

جا خودای تەعالا دۆعاکەی لێ قەبووڵ کردو وەزعێکی وای بردە دڵی وەزیری میصرەوە کە لەو خانەدانەی دوور بخەنەوە . وە بەم جۆرە یوسفی پارازت‌و فڕو فێڵی ژنەکانی لێ لادا ؛ چونکی بە راستی خودا دۆعای موخلیصان ئەبیسێ‌و زانایشە بە رازی دڵیان‌و ئەزانێ مەبەستیان چیە .

★ (ثُمَّ بَدا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ ما رَأَوُا الآياتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ) (٣٥) ★

پاش ماوەیەکی کەم لە کپکردنەوەی ئەو رووداوەو پاش ئەوە کە چەن بەڵگەی مەعقوولیان دەست‌کەوت لەسەر پاکی یوسف‌و حاڵی بوون هەتا ئەو لەو ماڵەدا بێ خەڵکی باسی خانەوادەکەی ئەکەن فیعلەن لە ماڵیشەوە هۆی کاری نابار هەر دەوام ئەکا .. بۆیان دەرکەوت کە باش وایە ماوەیێ یوسف زیندانی بکەن تا ئەو خەتەرە لەو خانەوادەدا نەمێنێ .

★ (ودَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيانِ ، قالَ أحَدُهُما : إنِّي أرانِي أعْصِرُ خَمْراً ، وقال الآخَرُ : إنِّي أرانِي أحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزاً تَأكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ ، نَبِّئْنا بِتَأوِيلِهِ إنَّا نراكَ مِنَ المُحْسِنِينَ) (٣٦) ★

واتە : فیعلەن بە ئەمری وەزیر یوسفیان زیندانی کردو بە رێکەوت دوو گەنج لە خزمەتکارانی پاشای میصر لەگەڵ یوسفدا زیندانی کران ؛ یەکێکیان نانی بۆ پاشا دروست ئەکردو ئەویشیان مەشرووباتی دروست

ئەکرد . ئـەم دوانە بـە ناوانی ئەوە زیندانی کران کـە ئەیانەوێ پادشا دەرمانخوارد بکەن •

وە بە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کارەساتی خانەدانی وەزیرەوە دەرکردنی فەرمان بە زیندانکردنی یوسف مەشهوور بو کە ئەم غوڵامە ئینسانێکی بـە حورمەتو دڵو داوێن پاکو خاوەن نەفسێکی پاکە ، وە فیعلەن ئادابو هەستانو دانیشتنیشی وەها بو ؛ بەم هۆیەوە ئەو دوو خزمەتکاری پاشـایە باوەڕیان پەیدا کـرد بەوە کـە یوسف ئینسانێکی پیرۆزەو بە یاسای ئەو رۆژە بۆ ئەوە ئەشێ کە داوای تەعبیری خەوی لێ بکرێ • وە لەو کاتەدا ئەو دوو گەنجە هەر یەکەو خەوێکیان دیو هاتن بۆ لای یوسف بۆ لێکدانەوەی خەوەکەیانو ، یەکێکیان وتی : لە خەوما دیم ترێم ئەگوشیو ئەمکرد بە شەراب بۆ پاشا ، ئەوی تریان وتی : منیش دیم لە خەوما کە نانم لەسەر سەرم داناوەو پەلەوەر دائەبارن بەسەرماو لەو نانە ئەخۆن ، ئەمانەوێ ئاگادارمان بکەی لە تەفسیری ئەم دوو خەوە ، بـە راستی ئێمـە تۆ بـە ئینسانێکی وا ئـەزانین کـە لـە کۆمـەڵی چاکانو پیاوچاکانی •

★ (قال : لا يَأْتِيكُما طَعامٌ تُرْزَقانِهِ إلاّ نَبَّأْتُكُما بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أنْ يَأْتِيَكُما ، ذَلِكُما مِمَّا عَلَّمَني رَبِّي ، إنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لا يُؤْمِنونَ بِاللهِ وهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كافِرونَ (٣٧) واتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبائِي إبْراهِيمَ وإسْحاقَ ويعقوبَ ما كانَ لَنَا أنْ نُشْرِكَ بِاللهِ مِنْ شَيْءٍ ، ذلِكَ مِنْ فَضْلِ اللهِ عَلَيْنا وعلى النَّاسِ ، ولكِنَّ أكْثَرَ النَّاسِ لا يَشْكُرونَ) (٣٨) ★

کاتێ حـەزرەتی یوسف وتاری خزمەتکارەکانی بیست ، وە خـودا

حاڵی کردبو لەوە کە یەکێکیان رزگار ئەبێ لـە زیندانو لـە لای پاشادا قەدری ئەبێ ، ویستی لەم هەلەدا خۆی دەربخاو ئاگاداریان بکا لەوە کە خۆی لە لای خودادا قەدری هەیەو رەهبەرەو خودا گەلێ شتی پەنامەکی پێ‌نیشان ئەدا وەکو چۆن باقی رەهبەرەکان خۆیان دەرئەخەن لە ئادەمیزاد ، وە پێی فەرموون : من نەك هەر بۆ تەفسیری خەو بەڵکو خودا زانستێکی رۆحی وەهای پێداوم کە هەر خواردەمەنیەك لە لایەنی مەئمووری زیندانەوە رەوانەئەکرێ بۆتان بیخۆن لە پێش ئەوەدا کە بگات بە ئێوە ئەزانم چ جۆرە خواردمەنیەکەو سوودی هەیە بۆتان بیخۆن یا زیان ، وە ئەم زانستە لە جوملەی ئەوانەیە کە خودای خۆم فێری کردووم ، وە سیڕی ئەم بەش‌و بەهرەیشە ئەوەیە کە من تەرکی ئایینی قەومێکم کردوە کە ئیمانیان نیە بە خودای تەنیا ، وە کوفری رۆژی قیامەت ئەکەن ، واتە : وەکو باوەڕیان بە زاتی خودا نیە باوەڕیشیان بەوە نیە کە ئینسان لـە پاش مردن زیندو ئەکرێتەوەو پرسیاری کردەوەو بیرو باوەڕی لێ ئەکرێ‌و ئەگا بە جەزای خـۆی •

وە کەوتوومەتە شوێنی ئایینی باوك‌و باپیرەکانی خۆم کە یەعقوب‌و ئیسحاق‌و ئیبراهیمە . وە بۆ ئێمە رەوا نیەو نەبوە قەت کە شەریك‌و هاوڕێ بڕیار بدەین بۆ خـودای تەعـالا ، وە ئێمـە دامەزراوین لەسـەر ئایینی خوداپەرستی بـە تاق‌و تەنیـا وە لەسـەر رەهنومایی ئادەمیزاد بۆ دینی تەوحیدو خودای تەنیا پەرستن ، وە ئەم بارەی ئایینی تەوحیدە لە فەضل‌و کەرەمی خودایە لەسەر ئێمە کـە وەحی ناردوە بە فریشتەدا بۆمان ، وە لەسەر خەڵکیش کە ئێمەی کردوە بە رەهبەرو رەهنومایان ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد نازانن بەم بارەیەو سوپاسی ئەو خودایە ناکەن کـە ئەم ئایینی تەوحیدەی بۆ ناردوون بۆیە قەبووڵی ناکەن •

جا لەم شوێنەدا حەزرەتی یوسف ـدـ بە ئاشکرا کەوتە بانگکردنیان بۆ ئایینی تەوحیدو فەرمووی :

★ (يا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ امِ اللهُ الواحِدُ القَهَّارُ ؟) (٣٩) ★

ئـەی دوو هاوڕێی من لـەم زیندانەدا ئایا پەرستنی چەن خودایەکی بڵاوی بێ جەمعیەتی بێ شوعوورو هێز باشە بۆ ئینسان ؟ یا پەرستیاری خودایێ کـە تاقو تەنیایەو زاڵە بەسەر هـەموو شتێکداو کـەس ناتوانێ بەرابەری بکا ؟

★ (ما تَعْبُدونَ مِـنْ دونِهِ إلاّ أَسْماءً سَمَّيْتُموهَا أَنْتُمْ واباؤُكُمْ ما أَنْزَلَ اللهُ بِها مِنْ سُلْطانٍ) ★

ئێوە عیبادەت ناکەن بۆ غەیری خودا بۆ چەن بتێکی بێ نرخی بێ حەقیقەتی وەها نەبێ کە خۆتان ناوتان ناون ـ ئێودو باوکو باپیرەتان ـ وە خودا هیچ بورهانو بەڵگەیەکی رووناکی لەسەر دانەناون •

★(إنِ الحُكْمُ إلاّ لِلهِ) ★

حوکمو فەرمان بە بەندەیی هەر بۆ خودایە •

★ (امَرَ ألاّ تَعْبُدوا إلاّ إياهُ ، ذلِكَ الدِّينُ القَيِّمُ ولكِنَّ أكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمونَ) (٤٠) ★

ئەو خودایە کە ئەمری کردوە کە عیبادەت نەکەن بۆ ئـەو نەبێ وە ئەمەیە دینی راستی حـەقی دامەزراو لـە کائیناتا بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن •

یا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمراً ، وأمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ . قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فيهِ تَسْتَفْتِيانِ) (٤١) ★

جا پاش بەیانی بیروباوەڕو ئایینی خۆیو ئامۆژگاری زیندانیەکان رووی کردە تەعبیری خەوەکانیانو فەرمووی : ئەی دوو هاوڕێی زیندانم یەکەمتان ، واتە ئەوەتان کە لە خەویا شەرابی دروست ئەکرد بۆ پاشاکەی لەمەوبەر ، ئەڕواتەوە بۆ سەر کاری خۆیو شەراب دەرخواردی گەورەکەی ئەداتەوە . وە ئەوەی دوەمتان ئەوە حوکمی ئیعدامی ئەدرێو هەڵئەواسرێ بە سێدارەداو لە بەر ناهەمواری حوکمەکەی ناهێنرێتە خوارەوە هەتا پەلەوەر لە سەری ئەخوا ، ئەو شتەی کە لێی ئەپرسن بڕایەوە ، واتە ئەنجامی ئەم زیندانیکردنتانە لە تەعبیری خەوەکانتانا ئەمەیە .

★ (وقالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ ناجٍ مِنْهُما : اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْساهُ الشَّيْطانُ ذِكْرَ رَبِّهِ ، فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ !) (٤٢) ★

وە یوسف فەرمووی بەویانە کە باوەڕی وابو رزگارە لە زیندان : کاتێ رۆیشتیتە لای پاشا باسی منی لا بکە کە بە ستەم لەم زیندانەدا راگیراوم ، بەڵکو بەزەیی پێما بێتەوەو رزگارم بکا . بەڵام تێکەڵبوون بە کاری خۆیەوەو شادمانی بە رزگاربوونی خۆی تێکەڵی دنیای کردەوەو پەیوەندی بە شەیتانەوە پەیداکردەوەو شەیتان بو بە هۆی ئەوەی باسی

یوسف فەرامۆش بکاو لای پاشا باسی نەکا وەك هەر نەیدیبێ ! وە مەشهوور وایە حەوت ساڵ مایەوە لەو شوێنەدا • وە حیکمەتی ئەوەیش ئەمە بو ئەو باسە شەرمئاوەرە نەمێنێو یوسفیش بگات بە پایە بە لای پاشاوە •



★ (وقالَ المَلِكُ إنّي أرى سَبْعَ بَقَراتٍ سِمانٍ يأكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجافٌ وسَبْعَ سُنْبُلاتٍ خُضْرٍ واُخَرَ يابِساتٍ ، يا أيُّها المَلأُ أفْتُونِي في رُؤْيايَ إنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيا تَعْبُرُونَ) (٤٣) ★

بە خواستی خودا پاش ئەو ماوە پادشای میصر خەوی دی : کە رۆژ بوەوە فەرمووی : بە راستی من لە خەودا حەوت گای زەلامی گۆشتنو قەڵەوم دی لە نەهرێکەوە هاتنە دەرەوەو حەوت گای لاوازیشم چاو پێکەوت ئەو حەوت گا قەڵەوەیان ئەخواردو قووتیان ئەدان ، وە حەوت گوڵە گەنمی سەوزی جوانم دیو حەوت گوڵی وشکی زەرد کەوتن بەسەر گوڵە سەوزەکاناو دایانپۆشین ، وە لەم خەوە زۆر سەرم سوڕماوە . ئەی کۆمەڵی مەجلیسو ئەهلی فامی بارەگا تەفسیری ئەم خەوەم بۆ بکەن ئەگەر ئێوە لەوانەن کە تەعبیری خەو ئەزانن •

★ (قالوا : أضْغاثُ أحْلامٍ ، وما نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الأَحْلامِ بِعالِمِينَ) (٤٤) ★

ئەوانیش لە وەڵاما وتیان : ئەم خەوانە لە خەوی پڕو پووچ ئەچن ، وە ئێمە زانا نین بە تەعبیری خەوی وەها ؛ چونکی حەقیقەتیان نیە •

★ (وقالَ الَّذِي نَجا مِنْهُما ، وادَّكَرَ بَعْدَ اُمَّةٍ : أنَا اُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَاَرْسِلُونِ) (٤٥) ★

جا ئـەو کابرای زیندانیە کە یوسف تەعبیری خەوەکەی بۆ کردو رزگاری بو •• یوسفی کەوتـەوە بیر پاش ئـەو ماوە زۆرەو وتی : من خەبەرتان ئەدەمێ بە تەئویلی ئەم خەوە ، ئەمر بفەرموون رەوانەم بکەن بۆ لای یوسف ؛ چونکی لەو رۆژەدا کەس بە بێ فەرمانی تایبەتی نەیئەتوانی بڕوا بۆ زیندانو زیندان ببینێ ، جا پاشا فەرمانی دا کە بڕوا بۆ زیندانو رۆیشت بۆ لای یوسفو عەرزی کرد •

★ (يوسُفُ أيُّها الصِّدِّيقُ ! أفْتِنا في سَبْعِ بَقَراتٍ سِمانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجافٌ ؛ وسَبْعِ سُنْبُلاتٍ خُضْرٍ واُخَرَ يابِساتٍ ؛ لَعَلِّي أرْجِعُ إلى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمونَ) (٤٦) ★

ئەی یوسف ! ئەی ئینسانی خودا پێداوی زۆر راست لە وتارا ! خەبەرمان پێ بدە لە تەئویلی ئەم خەوەدا کە پاشا دیویەتی : کە حەوت گای لەڕ حەوت گای قەڵەویان خواردوەو ، حەوت گوڵە گەنمی وشکی پووکاوە کەوتوون بەسەر حەوت گوڵە گەنمی سەوزی جوانا • هیوام وایە بڕۆمەوە بۆ لای پاشاو وەزیرەکانیو باسەکەیان بۆ بگێڕمەوە هەتا بزانن کە تەعبیری خەوەکەی پاشا چیە •

★ (قالَ : تَزْرَعونَ سَبْعَ سِنينَ دَاَباً ؛ فَما حَصَدْتُمْ فَذَروهُ في سُنْبُلِهِ إلاَّ قَليلاً مِمَّا تَأْكُلونَ) (٤٧) ★

فەرمووی : حەوت ساڵ کشتوکاڵتان ئاسایی ئەبێ ئەوە کـە لـەو حەوت ساڵەدا ئەیدوورنەوە وازی لێ بێنن هەر لە ناو گوڵەکەیا بسێنێتەوە کەمێ نەبێ لەوەی کە پێویستان پێیەتی بۆ خواردن •

★ (ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذلِكَ سَبْعٌ شِدادٌ يَأْكُلْنَ ما قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إلاَّ قَلِيلاً مِمَّا تُحْصِنُونَ) (٤٨) ★

پاش ئەو حەوت ساڵە حەوت ساڵی ناهەمواری قاتی دێنە پێشەوە هەموو ئەو رزقەی هەڵتان‌گرتوەو داتان ناوە بۆ ئەو ساڵە گرانیانە .. ئەیان‌خۆن ، واتە خەڵکەکە ئەوەی ئامادەیان کردوە بۆ خۆیان بۆ ساڵە گرانیەکان ئەیخۆن کەمێ نەبێ لەوەی پارازتووتانە بۆ تۆوی کشتوکاڵ یا بۆ کاتی قاتە ساڵ .

★ (ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذلِكَ عامٌ فِيهِ يُغاثُ النَّاسُ وفِيهِ يَعْصِرونَ) (٤٩) ★

پاش ئەم حەوت ساڵە گرانیەیش ساڵێکی زۆر باش دێتە پێشەوە کە لەو ساڵەدا باران لە ئاسمانەوە ئەڕژێنرێ بەسەر عالەماو زەوی‌و زار هەموو ئەژیێتەوە ، وە لەو ساڵەدا میوەو سەوزی زۆر دەستکاری ئەکەن‌و خۆلاصەکەیان ئەگرن بۆ شەربەت‌و پێخۆرو بۆ خواردن‌و رابواردن .

جا کابرای فرستادە ئەم باسەی بردەوە بۆ لای پاشاو گێڕایەوە بۆ ئەوو بۆ پیاوماقووڵانی بارەگا . وە پاشا بە دڵ ئەو تەعبیرەی پەسەند کردو هەموو خەڵکەکە قسەکەیان بە ماقووڵ زانی . جا پاشا هاتەسەر ئەم فەرمانە کە خودا فەرموویەتی :

★ (وقالَ المَلِكُ : ائْتونِي بِهِ فَلَمَّا جاءَهُ الرَّسولُ قالَ : ارْجِعْ إلى رَبِّكَ فاسْأَلْهُ : ما بالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أيْدِيَهُنَّ ؟ إنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ) (٥٠) ★

جا پاش ئەوە پاشا حاڵی بو لە فام‌و هۆشیاری یوسف وتی : بڕۆن

یوسفم بۆ بێنن با چاوم پێی بکەوێو بزانم حەقیقەتی چیە . وە کاتێ فوروستادەکە هات ئەمری پاشای پێگەیاند ، حەرزەتی یوسف لە بەر نەجابەتو شەرافەتو نوورانیەتی رۆحیو دامەزراوی لە پایەدا .. پەلەی نەکرد بۆ ئەوە بڕواتە دەرەوە بۆ لای پادشا بەڵکو ڕێزی خۆی ڕاگرت بۆ ئەوە کە لە عالەمی بارەگای پاشا دەربکەوێ کە یوسف ئینسانێکی شەریفو داوێنپاکەو فەرمووی بە کابرا : بڕۆ عەرزی پادشا بکە ئەمر بکا ئەو ژنانە کە دەستی خۆیان لەتو پەت کرد لەگەڵ ژنی وەزیردا کۆیان بکاتەوەو لێیان بپرسێ : حاڵی ئەوان چۆن بوەو حاڵی منیش چۆن بوە ، وە ئەو ژنانە لەسەر چ ئەساسێ بە منیان ئەوت : فەرمانی سەییدەکەی خۆت (کە ژنی وەزیرە) بەجێ بێنە ؟! بە ڕاستی خودا زانایە بە فێڵی ئەوان. بەڵکو دان بە پاکی منو ناپاکی خۆیاندا بنێن .

★ (قالَ : ما خَطْبُكُنَّ إذْ راوَدْتُنَّ يوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ ؟) ★

جا پاش ئەوە فوروستادەکە ڕۆیشت بۆ لای پاشاو قسەکەی حەزرەتی یوسفی عەرز کرد .. پادشا ناردی ژنەکانی هەموو لای خۆی حازر کردو پێی وتن : مەقسەدتان چی بوو کە دەورەی یوسفتان دابوو تێی پێچا بوونو بەچی گەیشتن لەگەڵیا ؟ ئایا لە یوسفەوە ئەساسێ هەبوو بۆ ئەو هاوردو بردی ئێوە ، یا لە ئێوەوە بوو ؟ وە یوسف هاتە سەر مەبەستی ئێوەو بە قسەتان ڕازی بوو ؟

★ (قُلْنَ : حاشَ لِلّٰهِ ! ما عَلِمْنا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ) ★

ئەوانیش وتیان : حاشا ! ئێمە هیچ ڕەفتارو ئاسارێکی ناپەسەندمان لە یوسفەوە دەرك نەکردوە نە لە ئەووەڵەوەو نە لە ئاخردوە . لەوێدا زلێخا هاتە قسەو وتی :

★ (قالَتِ امْرَأَةُ العَزيزِ : الآنَ حَصْحَصَ الحَقُّ أنا رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ وإنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقينَ) (٥١) ★

ژنەکەی عەزیزی میصر هاتە وتارو وتی : ئیستە راستی دەرکەوت و کاتی ئەوە هات کە بەیانی واقیع بکرێ : ئەم ژنانە پەیوەندییان بە قەزییەی یوسفەوە نەبووە من هەوڵم لەگەڵ داوەو دەورم داودو ویستوومە سازی بکەم و بۆ ئارەزووی خۆمی بگونجێنم . وە بە راستی یوسف داوێن پاکەو لەو کەسانەیە کە راست وتارو راست کارە لە گەڵ خودای خۆی و لە گەڵ مەسلەک و لەگەڵ خانەداناو بە هیچ جۆرێ داوێنەی ئەو گەردی نەگرتوە .

★ (ذلِكَ لِيَعْلَمَ أنِّي لَمْ أخُنْهُ بِالغَيْبِ وأنَّ اللهَ لا يَهْدِي كَيْدَ الخَائِنِينَ) (٥٢) ★

جا یوسف ئەفەرموێت : من داوای ئەم تەحقیقەم لە پێشا کرد بۆ ئەوە کە عەزیز بزانێ من خەیانەتم نەکردوە لەگەڵ خانەوادەی ئەوا لە پەنامەکیەوەو خودای تەعالا فڕو فێڵی خەیانەتکاران ناگەیەنێتە ئەنجام .

★ (وما أُبَرِّيءُ نَفْسِي ، إنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ ، إلاَّ ما رَحِمَ رَبِّي ، إنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٥٣) ★

وە من پاکانە بۆ نەفسی خۆم ناکەم بە راستی نەفسی ئینسان تەبیعەتی وایە فەرمان ئەدا بە هێز لەسەر کاری ناپەسەند مەگەر ئەوەندە خودا میهرەبانی بکاو ئینسان رزگار بکا لە فیتنەو فەسادێ، بە راستی خودای من تاوانبەخش و میهرەبانە لەسەر هەموو بەندەکانی و منیش یەکێکم لەوان .

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : ئەمە کــە ژنە میصریەکان بە زاهیر شتێکی نابارییان نەکرد لەگەڵ یوسفدا دەی بۆچی یوسف داوای ئەوە ئەکا کە پاشا بانگیان بکاو پرسیاریان لێ بکاو بۆچی نیسبەتی فێڵی لێدان ؟

وەڵامەکەی ئەمەیە : ئەگەر ئـەو ژنانە جانیبی حەقیـان رابگرتایە ئەبوا ئەوەندە ئامۆژگاری زلێخایان بکردایە کە لەوەپاش واز لە یوسف بێنێ وە یا بیفرۆشێ بە کەسێکی ترو لەو ماڵەدا نەمێنێ بۆ دەوامی ئەو دەنگوباسە • هەروا یوسف دەرکی کرد لەو ژنانەوە کە ئەوانیش هەر ئەهلی ئارەزوونو لە ژێرەوە ئەیانویست بە نەوعە فێڵێ یوسف بخەڵەتێنن هەتا لە ناویانا هاتوچۆ بکاو تووشی تاوانباری بکەن •

وە غەیری ئەو ژنانەیش کەسی تر ئاگادار نەبو بەســـەر وەزعی زلێخاو یوسفدا هەتا پاشا ئیستیفادەی علمیان لێ بکا بە حەقیقەتی ئەو رووداوە •

دووهەم : مەشهوور ئەوە بو کە ژنی عەزیز دەوری یوسفی داوە نەك ژنە میصریەکان . دەی بۆچی پاشا ئەڵێ : (اذ راودتن یوسف عن نفسه) ؟

وەڵامی ئەمە ئەوەیە :

١ ـ پاشا بە هۆی وەسائیلی خاریجیەوە ئاگادار بوە لەوە کە ئەو ژنانەیش ویستوویانە یوسف لەو خانەدانا بمێنێتەوە بۆ ئـەوە کە لـــە پاشەڕۆژا ئەوانیش هاتو چۆیەکی لەگەڵدا بکەن •

٢ ـ ویستوویەتی کە ئەوانە بە تاوانبار نیشان بدا هەتا ئەوانیش بۆ چاری دەردی خۆیان بە راستی وەزعەکە بەیان بکەن •

٣ ـ لەبەر ئەوە پاشا دەرکی کرد مادام کە یوسف باسی ژنی وەزیری نەکردوە وە هەر داوای پرسیاری لەوان کرد پاشایش وتی : ئەمە بێ حیکمەت نیە با منیش هەر بەو شێوە بکەومە پرسیارەوە •

٤ ـ لەو رۆژەدا وەزعی حورمەتگرتنی خانەدان زۆر باو بوە لەبەر ئەوە راستەوخۆ ژنی وەزیریان خانەگومان نەکردوە هەتا بە تەبیعەتی حاڵ باسی ئەویش بێتە پێشەوە ، وە حیکمەتی ئەوەیش کە یوسف باسی ژنی وەزیری نەکرد ئەوە بو کە مافی خزمەتی زۆری هەبو لەسەر یوسف ئەویش ویستی کە هەتا مەجال ببێ ئازاری دڵی زلێخا نەدا بۆیە زلێخایش زۆر بە ئاشکرا هاتە وتارو یوسفی بەرێز گرتو پاکی ئەوو تاوانباری خۆی روون کردەوە •

★ (وقالَ المَلِكُ : ائْتونِي بِهِ أسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي) ★

جا کاتێ پاشا پاکی یوسفی لەلا دەرکەوت فەرمووی : بڕۆن یوسف بێنن بۆ لام هەتا بیکەم بە یاوەری تایبەتی خۆم ئەگەر دڵم بە تەواوی پەسەندی کرد •

★ (فَلَمّا كَلَّمَهُ قالَ : إنّكَ اليَوْمَ لَدَيْنا مَكِينٌ أمِينٌ) (٥٤) ★

جا کاتێ یوسف بە حوزووری پاشا گەیشتو قسەی لەگەڵدا کرد بە هۆی شێوەی مولاقاتو ریعایەتی ئەدەبو نەزاکەتی لە قسەکردنداو دەرکەوتنی زانست بە توانایی ئیدارەیا بە تەواوی دڵی پەیوەندی لەگەڵ پەیدا کردو وتی : بە راستی بێ خەم بە ئیتر تۆ لە لای ئێمەدا دامەزراویو ئەمینی لە هەموو جۆرە ئازارێو بە خاترجەمی بۆ خۆت بژی •

★ (قَالَ : اجْعَلْنِي عَلى خَزَائِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ) (٥٥) ★

جا کاتێ حه‌زره‌تی یوسف حاڵی بو که پاشایش ئینسانێکی میهره‌بانو پیاوانه‌یه‌و به شوێنی ئینسانی باشا ئه‌گه‌ڕێو ئه‌و کارانه‌یش که تاوانبارییان لێ په‌یدا بێ بۆ ئه‌و ده‌ست ناده‌نو له‌م لایشه‌وه گه‌لی میصر زۆر پێویستیان به رزقو ژیوار ئه‌بێو خزمه‌تی ژیواری گه‌لیش خزمه‌تێکی زۆر گه‌وره‌یه به پاشای وت : بمکه به خاوه‌نی ئیداره‌ی واریداتی میصرو هه‌مو واریداتی وڵاتی میصر بده‌ره ده‌ستم ، واته بمکه به وه‌زیری مالیه‌و دارایی ئیمڕۆ ، وه ئه‌ویش قه‌بووڵی کردو له‌سه‌ر ئه‌و پایه دامه‌زرا له بارده‌گای پاشادا •

★ (وَكَذلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ . نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ وَلا نُضِيعُ أَجْرَ المُحْسِنِينَ) (٥٦) ★

خودای ته‌عالا ئه‌فه‌رموێت : ئا به‌م جۆره پله به پله به وه‌زعێکی طه‌بیعی وه له‌سه‌ر یاسایه‌کی عاده‌تی یوسفمان له وڵاتی میصرا دامه‌زراندو به ئاره‌زووی خۆی به حوکمی وه‌زیفه‌که‌ی له هه‌ر شارێکدا خواستی ببوایه دائه‌نیشت ئه‌یتوانی له کاتی کشتوکاڵدا . ناوچه‌ی کشتوکاڵ هه‌ڵبژێری بۆ دانیشتنو له کاتی واریداتا له پایته‌خت دانیشێ به ئاره‌زووی خۆی ، وه له راستیدا ئێمه ئه‌توانین هه‌رکه‌س بمانه‌وێ به ره‌حمه‌تو میهره‌بانی خۆمان بیگرینه‌وه‌و قه‌ت ئێمه پاداشی ئینسانی خاوه‌ن بیری پاکو کرده‌وه‌ی چاك زایه ناکه‌ین •

★ (وَلأَجْرُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ) (٥٧) ★

وه پایه‌و مایه بۆ دنیایه‌و دنیا ئه‌بڕێته‌وه‌و جه‌زای ئینسان له پاشه‌ڕۆژی

نەبڕاوەدا گەلیّ گەلیّ باشترە بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوادی تاق‌و تەنیاو خۆیان پارازاتوە لە کوفرو بیرو باوەڕی نابار وە لە ڕەفتاری فاحیشەو کردەوەی ناهەموارو لە خوو ڕەوشتی ناشیرین •



★ (وجاءَ إِخْوَةُ يوسُفَ فَدَخَلوا عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وهُمْ لَهُ مُنْكِرونَ) (٥٨) ★

وە بە قەزاو قەدەری خودای تەعالا قاتی‌و گرانی داکەوت لە وڵاتی میصرو شاماو عالەم کەوتە پەرێشانیەوە ، وە حەزرەتی یوسف بە هۆی ئیدارەی بەرزی خۆیەوە رزقی ئەو وڵاتانەی خستبوە دەستی خۆی ، رزقی بە نرخی موناسیب ئەفرۆشت ، وە لەو چەرخەدا براکانی یوسف بە فەرمانی باوکیان غەیری (بنیامین) هەموویان بە شێوەی کاروانی هاتن لە وڵاتی کەنعانەوە بو میصر بۆ رزق کڕین ، وە لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا یاسا وابو هەرکەس رزقی بویستایێ ئەبو خۆی بڕوا بۆ لای خاوەن کاری گەورە •• هەموویـــان ڕۆیشتن بۆ بارەگا بۆ لای یوسف‌و یوسف براکانی خۆی هەموو ناسیەوە ، بەڵام ئەوان بە هیچ کلۆجێ یوسفیان نەناسی •

یەکەم: زەمانێ رابوردبو کە جیابوونەوە لە یوسف لە تەمەنی منداڵیداو ئیستە گەورە بوو پیاوێکی پیاوانە بو لە بەینی سی‌و چلدا •

دووهەم یوسف لە بارەگادا لەسەر ئیدارەدا تەمسیلی پاشای ئەکرد بە تایبەتی لەو کاتی گرانیەداو چەن مەئموور بە دەوریا بو دەست لەسەر کەمەر وە وەزعی وەها نەدەهات بە بیریانا بۆ یوسفێکی لە بیرا بەجێ‌ماوی مردو یا دەرهاتووی سەرگەردان لە ناو وڵاتی میصرا •

سێهه‌م : ئـه‌و برایانه‌یش ئه‌وه‌نده فه‌له‌کزه‌ده‌و داماوو بێ نان‌و ئاو بووبوون له‌وانه بوون کـه براو ره‌فیقی خۆیان نه‌ناسن چه جای که‌سێکی وه‌ها که چه‌ن ساڵه نه‌یان‌دیوه •

★ (فلمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ قالَ : ائْتوني بِأَخٍ لَكُمْ مِنْ أبِيكُمْ . ألا تَرَوْنَ أنّي أُوفي الْكَيْلَ وأنا خَيْرُ الْمُنْزِلينَ ؟ (٥٩) فَإنْ لَمْ تَأْتوني بِهِ فَلا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدي وَلا تَقْرَبونِ) (٦٠) ★

جا کاتێ که باری قه‌تاره‌که‌ی بۆ رێکخستن به‌و رزقه که داوایان کردبو حه‌زره‌تی یوسف لێی پرسین . له وڵات‌و نه‌ژادیان ئه‌وانیش وتیان : ئێمه ئه‌ولادی یه‌عقوبی . کوڕی ئیسحاقی ، کوڕی ئیبراهیمین‌و . له خانه‌دانی دینین‌و . دوازده برابووین یه‌کێکمان مردوه‌و برایه‌کیشمان که له دایکی مردوه‌که‌یه لای باوکمان به‌جێ ماوه‌و ، ئه‌م ده برایه‌یش هاتووین بۆ کاروان . جا یوسف فه‌رمووی : من هه‌موو شتێك که ئێوه داواتان کرد پێمدان‌و بۆم ئاماده کردن ، جارێ تر که هاتنه‌وه برا باوکیه‌که‌یشتان بێنن بۆ لام ، نابینن من چه‌ندێك به راساڵانه حسابی رزقه‌که‌تان ته‌واو ئه‌که‌م‌و من زۆر ئینسانێکی باشم بۆ ئیداره‌ی غه‌ریبان‌و ئه‌گه‌ر ئه‌و براتانه نه‌هێنن هیچ حسابتان له لای من نابێ‌و نزیکیشم مه‌که‌ون ، ئیتر مه‌نعی موعامه‌له‌تان لێ ئه‌که‌م •

★ (قالوا : سَنُراوِدُ عَنْهُ أباهُ وإنَّا لَفاعِلونَ) (٦١) ★

ئه‌وانیش وتیان : هـه‌ر ئه‌وه‌نده کـه ئێمه رۆیشتینه‌وه سه‌عی ئه‌که‌ین له‌گه‌ڵ باوکیا بۆ ئه‌وه ئیزنی بدات بێت له‌گه‌ڵماناو بێ‌گومان ئێمه هه‌وڵ ئه‌ده‌ین بۆ هێنانی •

★ (وقـال: : لِفِتْيانِهِ اجْعَلوا بِضَاعَتَهُمْ في رِحالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفونَها إذا انْقَلَبوا إلى أهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعونَ) (٦٢) ★

وە حەزرەتی یوسف فەرمووی بە مەئسوورەکانی بەردەستی‌و غولامەکانی : هەر پارەو کوتاڵێ ئەم شەخسانە هێناویانە بیخەنەوە ناو بارەکانیان بەڵکو ماڵەکەی خۆیان بناسنەوەو کە ڕۆیشتنەوە بزانن ماڵمان لێ وەرنەگرتوون ، بەڵکو بە هیوای ئەوە زوو بگەڕێنەوە بۆ میصرو براکەیان لەگەڵ خۆیانا بێنن •

★ (فلَمَّا رَجَعوا إلى أبيهِمْ قالُوا : يا أبانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيلُ ، فأرْسِلْ مَعَنا أخانَا نَكْتَلْ ، وإنَّا لَهُ لَحافِظونَ) (٦٣) ★

کاتێ گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان‌و گەیشتن بە باوکیان وتیان : ئەگەر بنیامین لەگەڵ خۆمانا نەبەین بۆ میصر ئیتر بۆ جارێکی تر مەنعی رزقمان لێکراوە ، دەی بنیامین بنێرە لەگەڵماناو بە راستی ئێمە ئەیپارێزین •

★ (قال : هَلْ آمَنُكُمْ عليهِ إلاّ كَما امِنْتُكُمْ عَلى أخيهِ مِنْ قَبْلُ ؟! فَاللهُ خَيْرٌ حافِظاً وهُو أرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (٦٤) ★

حەزرەتی یەعقووب لە وەلامیانا فەرمووی : ئایا من ئەمین ئەبم لە ئێوە لە هۆی پارازتنی بنیامینەوە مەگەر وەکو ئەو جارە کە لێتان ئەمین بووم دەربارەی پارازتنی یوسف ؟! حاشا ئیتر جارێکی تر لێتان ئەمین نابم‌و باوەڕ بە عەهدی ئێوە ناکەم ، بەلام هەر رەوانەی ئەکەم لەگەڵتانا پشت بە خودا بە راستی خودا لە هەموو کەس باشترە لەو بارەوە کە ببێ بە پارێزەرو میهرەبانترە لە گشت میهرەبانان •

★ (وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ، قَالُوا : يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا ، وَنَمِيرُ أَهْلَنَا . وَنَحْفَظُ اخانَا . وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ، ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ) (٦٥) ★

کاتێ ئیسراحەتیان کردو رۆیشتن باری خۆیانیان کردەوە تەماشایان کرد چاویان کەوت بەو ماڵە جاری یەکەم بردوویانە رزقی پێ بکرن هەمووی خراوەتە ناو بارەکانیانو نێرراوەتەوە بۆیان ، جا ئەم حاڵەیان زۆر پێخۆش بوو . هاتن موژدەیان دا بە باوکیانو وتیان : بابە ئیتر چیمان پێ ئەوێ هەموو ماڵەکەی خۆمان بۆ نێرراوەتەوەو ئەمجار ئەرۆین لەگەڵ بنیامینداو خواردەمەنی بۆ ماڵو منداڵمان دێنینو بنیامینیش ئەپارێزین لێی مەترسە ، وە باری وشتری ئەویش زیاد ئەکەین ؛ چونکی ئەم ئەندازەیە کە هێناومانە کەمە بەشمان ناکا .

★ (قَالَ : لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّى تُؤْتُونِي مَوْثِقاً مِنَ اللهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلاَّ أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ ، فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ : اللهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ) (٦٦) ★

یەعقوب فەرمووی : بە هیچ شێوەیێ بنامینتان لەگەڵ نانێرم تا پەیمانێکی گەورەم نەدەنێ کە بنیامینم بۆ بێننەوە مەگەر هەمووتان داگیر بکرێن ، کاتێ ئەوانیش ئەو عەهدەیان بۆ بەجێ هێنا ؛ فەرمووی : دەی باشە بیبەن ؛ خودا وەکیل بێ لەسەر ئەم عەهدە .

★ (وقـال : يا بَنِيَّ لا تَدْخُلوا مِـنْ بابٍ واحِـدٍ وادْخُلوا مِنْ أبْوابٍ مُتَفَرِّقَةٍ . وما أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللهِ مِنْ شَيْءٍ . إنِ الحُكْـمُ إلاَّ لِلّهِ ، عَلَيْـهِ تَوَكَّلْتُ وعَلَيْـهِ فَلْيَتَوَكَّلِ المُتَوَكِّلونَ) (٦٧) ★

جـا کاتێ هەموو ڕێکەوتن بۆ میصر لەگـەڵ بنیامیندا .. باوکیان فەرمووی : ئەی ڕۆڵەکانم هەمووتان بە جارێ لـە دەرگایەکەوە مەڕۆنە ماڵەوە بۆ لای ئەو وەزیری مالیە کە داوای رزقی لێ ئەکەن ، واتە ئەو یارەگایە چەن دەرگای هەبوو حەزرەتی یەعقوب چونکی ئێشی یوسفی پێگەیشتبوو ترسی فەوتانی بنیامینو باقی کوڕەکانیشی بو ، خواە لە ترسی چاوی پیس بێ ؛ چونکی ئەو کوڕانە تاقمێکی بە شانو شێوەو سەلارو سیما جوان بوون . وە خواە لە ترسی حیلەو فێڵی دائیرەی پاشای میصر بێ : چونکی میصری قیبطی بوونو تەماشای میللەتی کەنعانو شاماتیان بـە نەوعێکی تایبەتی ئەکردو ترسی هـەبو شتێکیان بۆ دروست بکەنو کلاوێکیان لەسەر دانێن . لەبەر ئەمانە یاخو لەبەر هۆیەکی تر فەرمووی : هەمووتان بە جارێ لە دەرگایەکی ئەو بارەگاوە مەڕۆنە ماڵەوە بەڵکو لە چەن دەرگایەکی جیاجیاوە بڕونە ماڵەوە .

وە لە عەینی کاتا فەرمووی : وە نـەبێ من بەم ئامۆژگاریەی ئێوە بتوانم بێ‌نیازتان بکەمو چارتان بکەم لـە هیچ نەوعە قەزایێ لـە لایەنی خوداوە حەواڵە کرابێ بۆتان ، حوکمو فەرمان نیە مەگەر بۆ زاتی خوداو لەسەر ئەو ئیعتیماد وە پاڵو پشت ئەدەمەوەو ، هەرکەس ئەهلی ئیعتیماد بێ ئەبێ هەر لەسەر ئەو ئیعتیماد بدا .

بزانن ! گه‌لێ له موفه‌سیره‌كان فه‌رموویانه له‌م رووداوه‌دا حه‌زره‌تی یه‌عقوب له چاوی پیس ئه‌ترسا • وه چاوی پیس زیانی بۆ ئه‌و شته یا ئه‌و كه‌سه كه لێی ئه‌دا حه‌قه‌و ده‌لیلی زۆره :

یه‌كه‌م : ریوایه‌ت كراوه حه‌زره‌ت ـدـ به‌سه‌ر حه‌سه‌ن‌و حوسه‌یندا ئه‌یخوێند : (اعیذكما بكلمات الله التامة من كل شیطان وهامة ، ومن كل عین لامة) واته : ئه‌تان هاومه په‌نای خوداو به پیرۆزی ئه‌و ناوه پیرۆزانه‌ی خودایه كه ئه‌بن به هۆی پارازتن له هه‌موو شه‌یتانێ‌و له هه‌موو حه‌شه‌رات‌و جانه‌وه‌رێكی زیانكارو له هه‌موو چاوێكی پیسی وه‌ها دابه‌زێ بۆ سه‌ر هه‌ر شتێ به زیان •

دوه‌م : ریوایه‌ت‌كراوه له عوبباده‌ی كوڕی صامیته‌وه ـخـ ئه‌ڵێ : له سبه‌ینێدا چووم بۆ خزمه‌تی حه‌زره‌ت ـدـ ته‌ماشام كرد زۆر بێ‌ئاسایش‌و ئازارداره ، وه كـاتی ئێواره‌یش رۆیشتمه‌وه ته‌ماشـام كـرد بێ‌ئازاره‌و ئاسایشی هه‌یه ، عه‌رزم كرد : ئه‌ئه‌مه چۆنه ؟ فه‌رمووی : جوبره‌ئیل هات بۆ لام‌و دۆعای بۆ خوێندم به‌سه‌رماو وتی : (بسم الله ارقیـك من كل شيء یؤذیك ، ومن كل عین وحاسد ، والله یشفیك)وه من بـه پیرۆزی ئه‌و دۆعاوه شیفام بۆ هات •

سێهه‌م : منداڵه‌كانی جه‌عفه‌ری كوڕی ئه‌بو طالیب جوان بوون ، جا ئه‌سماء فه‌رمووی : یا ره‌سوله‌ڵلا ئه‌م منداڵانه چاو زۆر لێیان ئه‌دات ، ئیزنت هه‌یه (رقیه)یان بۆ بكه‌م ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ •

چواره‌م : جارێ حه‌زره‌ت ـدـ رۆیشته ماڵی (ام سلمه)و منداڵێكی نه‌خۆش له‌وێدا بوو ، فه‌رمووی : ئه‌وه بۆچی روقیه‌ی بۆ ناكه‌ن ؟

پێنجەم : حەزرەت ـد ـ فەرموویەتی : چاو حەقە ، ئەگەر شتێ قەزای بگەڕانایەتەوە چاوی پیس قەزای ئەگێڕایەوە •

شەشەم : عائیشە ـخ ـ فەرموویەتی : ئەمر ئەکرا بەوەی چاوی پیسی بدایێ لەکەسێ دەسنوێژ بگرێو ئاوی دەسنوێژەکەی ئەدرا بە چاولێدراوەکە خۆی پێبشۆرێ • وە لە حەقیقەتا خودا ئەسبابی زۆری داناوە بۆ خۆشیو بۆ ئازار ، وە ئەسباب هەرچەن خۆیان لە خۆیانەوە تەئثیریان نیە بەڵام خودا عادەتی وایە لە پاڵ ئەو ئەسبابانەدا ئیش ئەکاو هەر شتێ هۆی خێر بێ پێویستە پەیدای بکەینو هەرچی هۆی شەڕو زیان بێ پێویستە بەرگری بکەینو خۆمانی لێ لادەین •

وە ئەم زیانی چاوی پیسە لازم ناکا بە هۆی جیابوونەوەی ئەجزای مادیەوە بێ لە چاوپیسەوە بۆ لای شتەکە کە چاوی لێداوە ، بەڵکو لەوانەیە خاسیەتو سیرێکی نەفسی بێ کە لە کاتی بەیەکگشتنی ئەو دوو لایەنەدا پەیدا ببێ ؛ تەماشا ئەکەی چاوت کەوت بە شتێکی قیزەون دڵت تێك ئەچێو ، چاوت کەوت بە مار نەوعە وەزعێکی تایبەتی لە نەفسی ئینساندا پەیدا ئەبێو ، چاوت کەوت بە ستەمکار حاڵت ئەگۆڕێو ، چاوت کەوت بە شێوەیەکی جوان نەفست ئاساییشی بۆ دێو ، چاوت کەوت بە ئینسانێکی باوەڕ پێکراو هێزێ لە دڵدا پەیدا ئەبێ ••• ئەمانە هەموو راستنو هەموو لە مەعنەوییاتن •

لای ئێمە بەراورد کراوە بازە مارێ کاتێ ژنی سکپڕ بۆیان بڕوانێ ئەو زنە بەر ئەخا ؛ وە وێنەی ئەمانە زۆرە • وە بەراورد کراوە ئینسانی چاوپیس هەرکاتێ بە سەرسوڕمانەوە بڕوانێ بۆ شتێ ئەو شتە زیانێکی بەسەردا دێت ؛ وە ئەمە لەوانە نیە ئینکاری بکرێ • جا هەر وەکو ئەم

تەئسیرە نەفسیە هەیە وەها چاکەو دۆعاکردنۆ (توجهاتی) نفووسی ئینسانی باش چاری ئەو چاوپیسەی پێ ئەکرێ •

وەلحاصڵ لەم بابەتەدا دوو شت هەیە پێویستە ئینسانی هۆشیار ئیعتیباریان پێ بکات :

یەکەم : ئەو ئەسبابانە کە دانراون بە فەرمانی خودا بۆ هەر شتێ ئینسان بەکاریان بێنێ ، تۆو بوەشێنێو ئاوی زەرعات بداو ، ژن بێنێو ، ئاگاداری تەندروستی بکاتو ، ژیوار پەیدا بکاتو ، هۆی دوورخستنەوەی دوژمن بەجێ بێنێو ، دەرزی فونوونی پێویست بخوێنێ ، کارو پیشە فێر بێ •

دووهەم : پێویستە ئینسان باوەڕی وابێ ئەم ئەسبابانە هەموو شتێ نین بەڵکو ئیرادەی خودا مەرجە لە پێکهاتنی ئەنجامی هەموو ئەمانەدا • وە ئایەتی (لا تدخلوا من باب واحد) ئیشارەتە بە ئەمری یەکەم • وە ئایەتی (وما اغنی عنكم من الله من شيء) ئیشارەتە بە ئەمری دوەم •

★ (وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُمْ مَا كَانَ يُغْنِي عَنْهُمْ مِنَ اللهِ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (٦٨) ★

کاتێ کە کوڕەکانی حەزرەتی یەعقوب لە دەرگاکانی بارەگای وەزیرەوە لە میصر ، وەکو چۆن باوکیان پێی وتبوون ، چوونەماڵەوە ، وە یاخود لە دەرگاکانی شوورای شارەکەوە ڕۆیشتنە ناو شارەوە وەکو باوکیان فەرمانی پێدابوون •• خۆ ئەو کارە ئەوان کردیان لەوانە نەبو کە

چاری شتێکیان بۆ بکا لەوانە کە خودا بۆی بڕیار داون ئەوەندە نەبێ ئەوە کە لە دڵی حەزرەتی یەعقوبدا بو لە پارێزکردن لە چاوی پیس بەجێی هێناو حەزرەتی یەعقوبیش خۆی زانا بو بە بیرکردنەوە لە ئیش‌و کاراو تەدبیر۔ کردن لە ئومووراتا ؛ چونکی خۆمان بە وەحی پێمان نیشان‌داوە یا بە ئیلهام تێمان‌گەیاندوە ، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن کە پارێز چاری قەزا ناکا ، وە یا ئەمثالی یەعقوب گەلێ شت ئەزانن بەڵام خەڵکی باوەڕیان وا نیە •

★ (ولَمَّا دخَلُوا على يُوسُفَ آوى إلَيْهِ أخاهُ ، قالَ : إنِّي أنا اخُوكَ فَلا تَبْتَئِسْ بِما كانُوا يَعْمَلُونَ) (٦٩) ★

وە کاتێ چوونە لای یوسف بنیامینی برای بردە لای خۆی‌و فەرمووی : ئەمە من یوسفی برای دایکو باوکی تۆم‌و دڵقایم بەو لەمە زیاتر دڵت زویرو مەلوول نەبێ بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە براکانت لەمەوپێش پێیان کردین •

ریوایەت کراوە : کاتێ ئەم کوڕانە رۆیشتن بۆ حوزووری یوسف بەخێرهاتنی کردن‌و فەرمووی : نانی ئیمڕۆتان لای من بخۆن • کاتێ لەسەر خوان‌و خواردەمەنی دانیشتن ئەوان هەموو دوو کەس دووکەس لەسەر خوان دانیشتن‌و بنیامین تەنیا مایەوە ، یوسف بانگی کرد بۆ لای خۆی‌و لەسەر خوانی خواردن وردە وردە قسەی بۆ ئەکرد هەتا بە تەواوی بنیامین خاترجەم بوو لە خۆی‌و لە یوسف ـدـو تێگەیشت یوسف ماوە •

★ (فلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ في رَحْلِ أخيهِ ، ثُمَّ أذَّنَ مُؤَذِّنٌ : أيَّتُها العِيرُ إنَّكُمْ لَسارِقونَ !) (٧٠) ★

جا کاتێ کە یوسف فەرمانی داو بارەکانیان بۆ رێکخستن لە خواردەمەنی ئەو کووپەیە کە وەختێ خۆی ئاوی تێ‌ئەکراو لە پاشانا کرا

به (عه‌یاره)ی پێوانی دانه‌وێڵه .. ئه‌مری دا بیخه‌نه ناو باری بنیامینی برایه‌وه جا کاتێ باریان کرد جارکێش جاڕی دا وتی : ئه‌ی ئه‌هلی کاروانی به راستی ئێوه دزنو دزیتان کردوه !

★ (قالُوا ، وأقْبَلوا عَلَيْهِمْ ، : ماذَا تَفْقِدونَ ؟) (٧١) ★

ئه‌وانیش ڕوویان کرده جارکێشه‌که‌و وتیان : بابه چیتان نه‌ماوه‌و به شوێن چیدا ئه‌گه‌ڕێن ؟

★ (قالُوا : نَفْقِدُ صُواعَ المَلِكِ ، ولِمَنْ جاءَ بِهِ حِمْلُ بَعيرٍ ، وأنا بِهِ زَعِيمٌ) (٧٢) ★

وتیان : مه‌نی پێوانه‌ی پاشامان ونکردوه‌و به شوێنیدا ئه‌گه‌ڕێین ، وه هه‌رکه‌سێ بۆمانی بێنێته‌وه له موژده‌دا باری وشترێ دانه‌وێڵه‌ی ئه‌ده‌ینێ . وه من که‌فیلم بۆ ته‌سلیمی ئه‌و باره ده‌غڵه .

★ (قالُوا : تاللهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ ما جِئْنا لِنُفْسِدَ في الأَرْضِ وما كُنَّا سارِقِينَ) (٧٣) ★

ئه‌وانیش سوێندیان خواردو وتیان : ته‌للاهی ئێوه ئه‌زانن ئێمه نه‌هاتووین بۆ ئه‌م وڵاته بۆ ئه‌وه که تۆمی فه‌سادی تێدا بوه‌شێنین‌و خه‌ڵکی فێری دزی بکه‌ین‌و ئێمه دزیمان نه‌کردوه .

★ (قالُوا : فَما جَزاؤُهُ إنْ كُنْتُمْ كاذِبِينَ ؟) (٧٤) ★

جا مه‌ئموره‌کانی باره‌گا وتیان : ده‌ی ئه‌گه‌ر ئێوه درۆتان کردو ئێوه دزیبووتان تۆڵه‌تان چی بێ ؟

★ (قالُوا : جَزاؤُهُ مَنْ وُجِدَ في رَحْلِهِ فَهُوَ جزاؤُهُ كذلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ) (٧٥) ★

جا کوڕەکانی حەزرەتی یەعقوب وتیان : تۆڵەی ئەو کردەوە نەفسی ئەو کەسەیە کە دزیەکەی کردوە ، جا ئەگەر یەکێ لە ئێمە ئەو (ربە)یە دزی بێ پێویستە حوکوومەت عەینی ئەو کەسە بکا بە بەندەو خزمەتی پێ بکاو ئەو کەسە ئەبێ بە تۆڵەی کردەوەکەی ، بەم جۆرە ئێمە تۆڵەی ستەمکاران ئەدەینەوە •

★ (فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعاءِ أخيهِ ، ثُمَّ اسْتَخْرَجَها مِنْ وِعاءِ أخيهِ) ★

جا مەئموورەکە دەستی کرد بە گەڕان بە بارەکاناو لە پێشدا باری برا باوکیەکانی پشکنی ، دوایی بارەکەی برا باوکودایکیەکەی پشکنیو مەنەکەی لە باری براکەیا دەرهێنا •

★ (كذلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ) ★

ئاوەها ڕێگەمان دروست کرد بۆ یوسف کە قسە بکرێ لەگەڵ کوڕەکانی یەعقوباو ئەوان دان بنێن بەوەدا کە نەفسی کابرای دز جەزای دزیەکەیە هەتا بنیامین بکەوێتە دەستی یوسف •

★ (ما كانَ لِيَأْخُذَ أخاهُ في دِينِ المَلِكِ) ★

یوسف لەوانە نەبو کە براکەی خۆی لە باتی ئەو دزیەی پاشای میصر بگرێو گلی بداتەوە •

★ (إِلاَّ أَنْ يَشاءَ اللهُ) ★

(اللهم) مه‌گـه‌ر رۆژێ ببوایه ئـه‌و حوکمـه ببوایه بـه حوکمی حوکوومه‌تی میصریش •

★ (نَرْفَعُ دَرَجاتٍ مَنْ نَشاءُ) ★

هه‌رکه‌سێ خواستمان ببێ چه‌ن پله به‌رزی ئه‌که‌ینه‌وه •

★ (وفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ) (٧٦) ★

وه له ژووری هه‌موو خاوه‌ن زانستێکه‌وه که‌سێکی زانیارتر هه‌یه‌و زانستی ئه‌م جۆره قانوونه‌یش نه‌وعه عیلم‌و نه‌وعه زانستێکه •

★ (قالُوا : إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ) ★

جا کاتێ کوڕه‌کان چاویان که‌وت به ربه‌ی پاشا لـه باری بنیامیندا ددرچو وتیان : ئه‌گه‌ر ئه‌م کوڕه دزی بکا ئه‌وه دوور نیه ؛ چونکی بـه راستی برایه‌کی تری له پێشدا دزی کردوه •

★ (فأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ ولَمْ يُبْدِها لَهُمْ) ★

جا یوسف ئه‌م تانه‌یه پێچا دڵی خۆی‌و ده‌ری نه‌خست بۆ براکانی‌و به درۆی نه‌خستنه‌وه که بڵێ : من براکه‌ی ترم‌و دزیم نه‌کردوه •

★ (قالَ : أَنْتُمْ شَرٌّ مَكاناً) ★

یوسف فه‌رمووی : ئێوه خراپترن له باره‌ی جێگه‌و پایه‌وه له‌و کوڕه بچووکه : ئه‌گه‌ر ئه‌و خه‌یانه‌تی کردبێ له ئێوه‌وه فێر بوه •

★ (واللهُ أعْلَمُ بِما تَصِفونَ) (٧٧) ★

وە خودا لـە ئێوە زاناترە بەو شتانە کـە ئێوە باسیان ئەکەنو ئـەو ئەزانێ کە ئەو دزی نەکردوە •

★ (قالُوا : يا أيُّها الْعَزِيزُ إنَّ لَهُ أباً شَيْخاً كَبِيراً فَخُذْ أحَدَنا مَكَانَهُ إنَّا نَراكَ مِنَ المُحْسِنِينَ) (٧٨) ★

پاش ئـەوە کـە لەسەر قەرارەکەی خۆیان بنیامینیان گلدایەوە بۆ خزمەتی پاشا •• رۆیشتن بۆ لای یوسفو لێی پاڕانەوەو وتیان : ئەی گەورەی میصر ئـەم برامانـە وەزعی وەهـایە باوکێکی زۆر پیری دڵ برینداری هەیە بە هۆی فەوتاوی کوڕە پێشوەکەیەوەو ئیستە ئەم کوڕەیش نەڕواتەوە بۆ لای یەکجاری بە هیلاك ئەچێ ، دەی یەکێ لە ئێمە وەربگرە لە باتی ئەواو بنیامین بەرەڵا بکە بیبەینەوە بۆ لای باوکی ، ئێمە باوەڕمان وایە کە تۆ پیاوێکی خاوەن بەزەیی‌و خاوەن چاکەی •

★ (قالَ : معاذَ اللهِ أنْ نَأْخُذَ إلاَّ مَنْ وَجَدْنا مَتَاعَنا عِنْدَهُ إنَّا إذاً لَظَالِمونَ) (٧٩) ★

ئەویش فەرمووی : پەنا ئەگرین بە خودا لەوە کە غەیری ئەو کەسە کـە مەنەکەمان لا دۆزیوەتەوە کەسێ تر گل بدەینەوە ، ئەگەر کاری وا بکەین ـ وەك ئێوە ئەتانەوێ ـ بە ستەمکار ئەناسرێین •

★ (فَلَمَّا اسْتَيْئَسوا مِنْهُ خَلَصُوا نَجِيّاً ★

کاتێ کە لای یوسف هیوابڕاو بوونو جینابوونەوە لە خەڵك لـە شوێنێکدا دەستیان کرد بە راوێژکردن کەچی بکەنو چی نەکەنو بڕۆنەوە بۆ لای باوکیان بێ بنیامین یا نەڕۆنەوە • جا لەوێدا برا گەورەکەیان هاتە بەرموەو :

★ (قالَ : كَبِيرُهُمْ : أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَباكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقاً مِنَ اللهِ ؟ وَمِنْ قَبْلُ ما فَرَّطْتُمْ في يُوسُفَ ! فَلَنْ أَبْرَحَ الأَرْضَ حَتَّى يَأْذَنَ لي أَبي أَوْ يَحْكُمَ اللهُ لي وَهُوَ خَيْرُ الحاكِمِينَ) (٨٠) ★

وتی : ئایا نازانن کە باوکتان پەیمانی لێ وەرگرتوون بە بێ بنیامین نەڕۆنەوەو ؟ نازانن لەمەوپێش چ نەوعە کارێکتان کرد لەگەڵ یوسفدا ! مادام ئەم وەزعە هاتە پێشەوە من لەم وڵاتی میصرە دەرناچم‌و پێ ناتێمە بەر پێ هەتا باوکم ئیزنم ئەدا یا خودا لەم تەنگانە رزگارمان ئەکا . وە خودای تەعالا باش فەرماندەرێکەو تەوانایە .

★ (ارْجِعُوا إلى أَبِيكُمْ فَقُولُوا : يا أَبانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ ؛ وَما شَهِدْنا إِلاَّ بِما عَلِمْنا ؛ وَما كُنَّا لِلْغَيْبِ حافِظِينَ) (٨١) ★

بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی باوکتان‌و بە رووی راستی عەرزی بکەن بڵێن : بە راستی کوڕەکەت دزی‌کردو ، پێوانەی خەزانەی ئەمباری پاشای میصری دزی . وە ئەو پێوانە لایان بەنرخ بوو لە ئەنجاما لەسەر بڕیاری خۆمان بنیامین بوو بە بارامتەی ئەو کردەوە نابارەو ، ئێمەیش شایەتیمان نەدا لەسەر ئیستیحقاقی تۆڵەی ئەوە نەبێ کە بە راستمان زانی‌و مەنەکەیان لە بارەکەیا دەرهێناو ، ئیتر ئێمە ئاگامان لێ نەبوو ، غەیبزان نەبووین تا بزانین کارەکە چۆنەو چۆن نیە .

★ (واسْأَلِ القَرْيَةَ الَّتي كُنَّا فِيها والْعِيرَ الَّتي أَقْبَلْنا فِيها وإِنَّا لَصادِقُونَ) (٨٢) ★

پرسیار بکە لە ئەهلی ئەو دێیە کە ئێمەی تێدا بووین لەو کاتەدا

جارچی جاڕی کێشا بۆ پێوانەی پاشا کە بریتیە لـە ئەهلی شاری میصر لەوانە لە شوێنی باربەندی کاروانا حازر بوون ، وە لە ئەهلی ئەو کاروانە گەورە کـە ئێمە لـە ناو ئەوانا رووومان کردەوە ولاتی خۆمانو لەگەلیانا گەڕاینەوە بۆ کەنعانو ، بە راستی ئێمە راستین لە باسی بنیامینا .

★ (قالَ : بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أنْفُسُكُمْ أمْراً ، فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسى اللهُ أنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعاً إنَّهُ هُو العَلِيمُ الحَكِيمُ) (٨٣) ★

کاتێ ئـەم باسەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە باوەڕی پێ نەکردنو بـە خەیاڵی خۆی وای دانا کە خۆیان فڕو فێلیان کردوە بۆ ئەوە کە ئەو پێوانە بخـەنە ناو باری بنیامینەوەو خۆیشیان باسی ئەویانە کردوە کـە یاسای ئایینی ئێمە ئەوەیە کە دز وا لـە بارمتەی ماڵی دزراوا ، ئەگەرنا پاشای میصر ئەوە نازانێ ، جا فەرمووی : واجبی من وەکو هەموو رەهبەرانو خاوەن ئیعتیقادانی باش خۆڕاگرتنێکی باشە لەبەر قەزای خودادا ، بە بێ ئەوە کە دەس بکەین بە هاوارو سکالاّ لە لای خەڵکی ، وە لەبەر ئەوەیش بەراوردی کردبو هەر کاتێ ئازاری زۆر گەورە رووی کردوەتە ئیبراهیمو نەتەوەکەی خودای تەعالا تۆڵەی ئەو مەینەتەی بۆ کردوونەتەوە بە جۆرێ کە نیشانەی ئەو بارە نابارە لەسەریانا نەماوە ، یاخود بە هۆی خەوێکەوە کـە دیتبووی فەرمووی تکـاو هیـوام وایـە خـودا یوسفو بنیامینو براگەورەکەیشیان ، کـە لـە میصرا بەجێماوە ، هـەموویانم بۆ بێنێتەوە بەیەکەوە . بـە راستی خودا زانایە بـە هـەموو ئێشو ئازارێو خاوەن حیکمەتە لە هەموو دەردو دەرمانێکدا لە هەموو کاتێکدا .

★ (وتَوَلَّى عَنْهُمْ وقالَ : يا أسَفى على يُوسُفَ ، وابْيَضَّتْ عَيْناهُ مِنَ الحُزْنِ ، فَهُوَ كَظِيمٌ) (٨٤) ★

وە پشتی لە کورەکانی هەڵکردو رۆیشتە کەنارێکەوە بە هەمووی : نەهاتنەوەی بنیامین‌و کورە گەورەکەیشیەوە ، بیری زەمانی پێشووی کردەوە ، برینی ونبوونی یوسفی کولایەوەو فەرمووی : ئـەی ئەسەف لەسەر یوسف بێرەوە بۆ سەرم بەڵکو بە جارێك رزگارم بکەی لە ژین ، وە هەردوو چاوی سپی بوونەوەو کوێر بوون لەبەر پەژارەو رژاندنی فرمێسکی سوێری گەرم بەسەریانا بە راستی دڵ‌و سینەی پڕ بووبوو لە ئازار .

★ (قالُوا : تَاللهِ تَفْتَؤُ تَذْكُرُ يوسُفَ حَتَّى تَكونَ حَرَضاً أوْ تَكونَ مِنَ الهَالِكِينَ) (٨٥) ★

بە یاساکەی خۆیان کەوتنەوە ئازاردانی دڵی‌و پێیان وت : تۆ کەس بە کەس نازانی یوسف نەبێ ئێستەیش کە دوو کوڕت دیار نین باسی ئەوان ناکەی‌و هەر باسی یوسف ئەکەی‌و بیری ئەو رووداوە نابارە ئەکەیتەوە ، وە سوێند ئەخۆین بە خودا ئەم وەزعە ناهەموارەت بۆ بوە بە خوو هەر لەسەری لاناچی هەتا لە هێز ئەکەوی ، وە یا بە تەواوی ئەمری‌و لە ناو ئەچی .

★ (قال : إنَّما أشْكُو بَثِّي وحُزْنِي إلى اللهِ وأعْلَمُ مِنَ اللهِ ما لاَ تَعْلَمُونَ) (٨٦) ★

فەرمووی : ئێوە حەقتان چیە بەسەرمەوە ؟ خۆ من نەڕۆیشتووم لەناو خەڵکا قسە بکەم‌و بگریم هەتا ئێوە ناوتان بێتە ناو ناوان‌و زیانێ

رووتان تێ‌بکا ، وە یا عەیبە بێ بۆ خانەدانی رۆحانی ئێمە ، وە من خەم‌و مەینەتی دڵی خۆم ئەکەمەوەو هاوار بۆ لای خودای خۆم ئەبەم ، وە لە لایەکی تریشەوە ئەزانم لە صیفاتی میهرەبانی خودای تەعالایە ئەوەی کە ئێوە نایزانن ، بەڵکو بەو گریان‌و پاڕانەوە لەلای خودا خودا رەحسمان پێ‌بکاو لەم مەینەتانە رزگارمان بکا •

بزانن ! لێرەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : یەعقوب کە پێغەمەری خودا بوە ، چۆن ئەبێ ئەوەندە کوڕی خۆش بوێ بەو جۆرە مەشغوولی بکاو خەوو خۆراکی لێ تاڵ بکاو ئەوەندە بگری چاوی کوێر ببێ‌و ئەم کارەساتانەی بەسەردا بێ ؟

دووهەم : یاسای رەهبەران وایە لە کاتی مەینەتی گەورەدا زۆرتر یادو زیکری خودا ئەکەن‌وتەسلیمی قەزاو قەدەر ئەبن‌و وەزعی زویری دەربڕین‌و وتاری (یا اسفی علی یوسف) موناسبی پایەی ئەوان نیە !

سێهەم : حەزرەتی یەعقووب لە خانەدانی رەهبەران بوەو ئەو خانەدانە لە شاماتا مەشهوور بوون ، چۆن ئەبێ ئەو ماوە زۆرە یوسف بە حاڵی باوکی نەزانێ‌و بە نەوعێ لە هەواڵدان باوکی ئاگادار نەکا ؟

چوارەم : چۆن دروست بو بۆ یوسف ئەو توهمەتی دزی‌یە بخاتە سەر بنیامینی برای‌و ئەو مەنە بخاتە ناو بارەکەیەوە ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەتا باوکی لە حاڵی خۆیدا زیاتر زویر بێ ؟

وەلامی ئەمانە :

یەکەم : پێغەمەران‌و پیاوە گەورەکان ئادەمیزادن‌و ئادەمیزاد بە طەبیعەتی ئینسانی خۆشەویستی‌و دوژمنایەتی‌و مەینەت ••• تەئثیریان تێ

ئەکا ، ئەوەندە هەیە ئەوان بەو ئازارانە دڵیان لــە خــودا لاناداو کاری خودایان لەلاوە باشە ، وەکو ئینسانێکی مەدەنی کە پێویستی بە چوونە لای دوکتۆر بێ بۆ برینی پارچەیەکی لەشیو دوکتۆر ئەیبڕێو ئەم ئینسانە زۆر ئازاری پێ ئەگا بەڵام لەبەر ئــەوە کــە ئەزانێ ئــەو برینە کارێکی پێویستو بەسوودە پێی خۆشەو لە ئەنجاما پارە ئەدا بەو دوکتۆرەو گەلێ جار خەڵاتی ئەکاو بە رۆژنامە سوپاسی بلاوئەکاتەوە •

وەلامی دوەم : هیچ کاتێ ئینسان لە ئینسانیەت ناکەوێو قەت نەبوە کە ئینسانێ ببێ بە بەردو دار وە یا ببێ بە گیانلەبەرێکی بێ ئازارو ئازاری پێ نەگا ، ئەوەندە هەیە ئینسان کە ئێشی پێ‌گەیشت ئەگەر ئەو ئینسانە مادیو عادی بێ دەست ئەکا بە ناسوپاسیو بە وتاری نابارو بە کردەوەی ناهەموارو بەرابەر بە خۆیو بە خانەدانیو بە دۆستانیو دوژمنانی لە حاڵی ئیعتیدال دەرئەچێو ئەبێ بە جێگەی عەیبی دنیایی ، بەڵام ئەگەر پیاوێکی رەسای موعتەدیل بێ ، وە یا پیاوێکی رۆحانی بێ ئەگەر سەعاتێ دڵی پڕ ببێ لە گریانو پەرێشانی پاش ئەو سەعاتە لەوە لائەداو دەست ئەکا بــە زیکری خوداو لە خودا ئەپاڕێتەوەو داوای لێبوردن ئەکاو لە عەینی کاتی گریانا نارەزایی دەرنابڕێ بەرابەر بە خودا •

وە حەزرەتی یەعقوب لــە کاتی بیری یوسفی کوڕی هەڵکەوتووی جیهانی ئەگریا بەڵام لە ماڵی خۆیا نەك لەناو خەڵکداو لەگەڵ ئەو گریانەدا ئەیفەرمو : (واللہ المستعان)وە هەمیشە دڵی خانەوادەکەی خۆی ئەداوە بەوە : کە خودا خێری زۆر گەورەی لە لایەو ئەوان بەوە نازانن •

وەلامی سێهەم : راستە خانەدانی یەعقوب خانەدانی پێغەمەری بوون بەلاە لە لایەکەوە دەورو بەریان بتپەرستو نامەردو کافر بوونو ئەوەندە

قەدزی خانـەدانی وایان نەدەگرت ، بەڵکـو کاتێ دوژمنایەتی مەزهەبیو مەبدەئی بێ هەتا جانیبی رۆحی بەرزترین جانیبی موقابیل زۆرتر تەحقیریان ئەکەنو بە شێوەی ئەهلی فڕوفێڵو ساختەکار بۆیان ئەڕوانن وەکو ئیستە ئەم جۆرە وەزعە دیارە •

وە لە لایەکی تریشەوە خانەدانی یەعقوب لـە نیطاقێکی کـەمدا هاتوهاواریان کردوەو بە ماوەیەکی کەم ئەو باسە کوێر بوەتەوە وەکو لەم زەمانەدا ئـەوەندە رووداوی زۆرە ئەمڕۆ چی ئـەبێ سـبەی فـەرامۆش ئەکرێ •

وە لە لایەکی تریشەوە مواصەلاتو هاتوچۆ زۆر کەم بوە ئەگـەر شتێکی کەمیش بووبێ لـە لایەنی کاروانیەوە بوە کـە عەقڵو ئیدراکیان ئەوەندە رەسا نیە لـە بازێ شتی گرنگ بکۆڵنەوەو لێی حاڵی بین ، وە یوسف هەتا لە زیندان دەرنەچوونەکەوتە بارەگای پاشا نە خۆی هیچ شتێکی پێئەکراو نە کەسیش گوێی پێ ئەدا هەتا باسەکەی بگات بـە باوکی ، بەڵێ پاش دەسڕۆیشتنی ئـەوەتا کاروانی براکانی هاتنو ئـەم دەنگو باسە دەستی پێکرد •

وەڵامی چوارەم : یوسف سەربـەخۆ نەیتوانی بنیامین لـە براکانی وەربگرێ ؛ چونکی لەو کاتەدا ئیدارەی مالیەی میصری بە دەستەوە بو نـەك ئیدارەی ئیشو کاری ئاسایشو سوپایی ، لەوانە بو ئـەو برایانە شکات لە یوسف بکەن لە لای پاشاو یوسف بکەوێتە بێئیعتیبارییەوە وە لە لایەکی ترەوە کاتێ یوسف بنیامینی حاڵی کرد کە برایەتی ، بنیامین مەمنوون بو بەوە بە هەر جۆرێ ناوبری بمێنێتەوە لە لای برای گەورەی

خۆیا ، وە یوسفیش هەر ئەوەی ئەویست کە باسی ئەو کاروانە بکەوێتە ناو بەڵکو براکەی بکەوێتە دەستی هەتا بزانن خودا چی ئەکا .

وە لەم لایشەوە براکانی حاڵی بوون مادام تۆڵەو سزای دزی وەها بێ ئەوە تۆڵەی ئازاردانی دڵی دایکی یوسف کە پووریان بوە ئەبێ چەند بێ ! وە ، وەکو وتم ، شێوەی رووداوەکەی لەسەر بیروڕای براکانی یوسف وای لێ هات کە بنیامین ببێ بە (رهینه)وە یا بە بەدەڵی ئەو کردەوە ناباره ، ئەنا یوسف تالیبی ئەوە نەبو کە بەو شێوە تەواو ببێ .

★ (يا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وأخِيهِ ولاَ تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللهِ ، إنَّهُ لا يَيْأسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ إلاَّ الْقَوْمُ الكافِرونَ) (٨٧) ★

وا دەرئەکەوێ لە کاتی شیددەتی زوری حەزرەتی یەعقوبا ـ د ـ بە ئیلهام حاڵی بوە کە رەحمەتی خودا نزیکە بۆیە ئەویش فەرمووی بە کوڕەکانی ـ : کوڕەکانی خۆم ! بڕۆنەوە بۆ میصر بە شوێنی براکاتاناو زۆر بکەونە دووی نیشانەی یوسفو بنیامینی برای بەڵکو حاڵی بین کە بنیامین وا بە لای یوسفەوەو نائومێد مەبن لە رەحمەتی خودا بە راستی لە رەحمەتی خودا نائومێد نابێ مەگەر ئەوانە کە زیانکاری دنیاو قیامەتن .

جا کوڕەکانیش وەك جارانی پێشو هەرچی ماڵێ نرخی ببێ هەڵیان‌گرت هەم کاروان بکەنو هەم بکەونە گەڕان بە شوێن نیشانەی یوسفداو گەیشتنەوە شاری میصرو چوون بۆ لای وەزیری مالیە .

★ (فلَمَّا دَخَلوا عليْهِ قالُوا : يا أيُّها العَزِيزُ مسَّنَا وأهْلَنَا الضُّرُّ) ★

کاتێ رۆیشتنە بارەگاو گەیشتن بـە وەزیر عەرزیان کـرد : ئـەی وەزیری خاوەن‌پایە بە راستی ئازارو بێزاری بێ نانیو بێ‌گوزەرانی داویە لە خۆمانو خێزانو خانەدانمان •

★ (وجِئـْنا بِبِضَاعَةٍ مُزْجاةٍ ، فَأوْفِ لَنَا الْكَيْلَ) ★

وە هاتووین بۆ بارەگاتو کـوڵو بارێکی بێ نرخمان هێنـاوەو بیستوومانە کە تۆ زۆر میهرەبانی بۆ داماوان رجامان هـەیە کە بـارو کاروانەکەمان وەکو جاران بۆ تەواو بکە ، وە مەڕوانە بۆ کەم مایەیی ئێمە •

★ (وتَصَدَّقْ عَلَيْنا) ★

وە بەخشش بکە لە سەرمان بە ئەندازەی کەمیماڵەکەمان یاخـود بەخشش بکە لەسەرمان بە چاوپۆشیو بەردانی براکەمان •

★ (إنَّ اللهَ يَجْزِي المُتَصَدِّقِينَ) (٨٨) ★

بە راستی خودا جەزای ئەو کەسانە ئەداتەوە کە چاکە ئەکەن لەگەڵ داماواناو چاوپۆشی ئەکەن لـە تاوانی تاوانبارانو رەحم ئەکەن بـە دڵ‌بیماران •

★ (قال : هَلْ عَلِمْتُمْ ما فَعَلْتُمْ بِيوسُفَ وأخِيهِ إذ أنْتُمْ جاهِلُونَ ؟) (٨٩) ★

جا لەم کاتی پاڕانەوەی ئەوانەدا حەزرەتی یوسف عاطیفەی کەوتـە شەپۆلو پاکی رۆحو مەقامی مەعنەوی بوون بە داعی بۆ ئەوە خـۆی دەربخا لێیانو فەرمووی : ئایا ئەزانن ئێوە چیتان بە یوسف کردو بـە

چ نامیهرەبانیەك فرەتان دایە ناو بیرەوەو بە بنیامینی برای لە پاش یوسف لە جیاکردنەوەی لە برای خۆیو لە تەماشاکردنیدا بە سووکی لەو کاتەدا کە ئێوە نەزان بوون بە ئەنجامی ئەم جۆرە کارە نابارانە بە تایبەتی بـۆ خانەدانی رەهبەران ؟

★ (قالوا : أئِنـَّكَ لأَنْتَ يوسُفُ ؟!) ★

ئەوانیش کەوتنــــە تەماشای نیشانەکانی یوسفو لـــە نیشانەو بەیاناتەکەیەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەم وەزیری خاوەن پایە یوسفە ! جا وتیان : ئایا بە راستی تۆ یوسفی کوری حەزرەتی یەعقوبی ؟!

★ (قالَ : أنا يوسُفُ وهذا أخي قَدْ مَنَّ اللهُ عَلَيْنا) ★

ئەویش فەرمووی : بەڵێ من یوسفمو ئەمەیش کە وا لە لاما بنیامینی برامەو خودای تەعالا بە راستی منەتکارە لەســەرمانو کەرەمێکی وای کردوە ناتوانم بەیانی بکەم : دڵی ئێوەی هێنایە سەر ئەوە کە نەمکوژنو بەس بمهاونە ناوی بیرەوەو لە بیرەکەدا شوێنێکی تایبەنیو بەردێکی بەرزی پێدام کە لەسەری بمێنمەوەو لە هەمان کاتا ئیلهامی کردم کە ئەنجامی ئەم زەحمەتە رەحمەتە بۆ منو بە پایە ئەگەمو ، زوو کاروانی هاتنو لەو بیرە دەریان هێنامو فرۆشتمیان بە خانەدانێکی گەورەو زۆر حورمەتیان گرتم ، وە خودا پارازتمی لە کەوتنە ناو ئیشی بێ ئەخلاقیەوە ، وە تەعبیری خەوی نیشان دام . وە ئەوە بوو بە هۆی گەیشتن بە پاشاو کردمی بــە وەزیری داراییو بنیامینی برایشم هەروا مایەوە تووشی فەوتان نەبو هەتا گەیشتبە خۆم ..

★ (إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ) (٩٠) ★

بە راستی کەسێ خۆی بپارێزێ لە یاخیبوونو نافەرمانی خودای تەعالاو خۆبگرێ لەسەر بەڵاو مەینەتی دنیا ئەوە جەزای خێری نافەوتێ ؛ چونکی ئەو کەسە کە خۆپارێزو خۆگر بێ بە خاوەن ئیحسان ئەناسرێو خودا پاداشی پیاوچاکانو چاکەکەران نافەوتێنێ •

★ (قَالُوا : تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ) (٩١) ★

ئەوانیش وتیان : بە خودا برا ئێمە بە نەزانینو نوقسانی ئەخلاق کەوتینە ناو حەسەدو رەفتاری نابار لەگەڵتا ئەنا تۆ ئینسانێکی هەڵکەوتوو بووی لە جەمالی صوورەتو کەمالی سیرەتا وە بە راستی ئێمە بە هەڵەدا چووین لەو کارە ناهەموارانەدا •

★ (قَالَ : لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ) ★

جا یوسف لە ئەخلاقبەرزی خۆیەوە فەرمووی : ئەمڕۆ هیچ دڵئازاردانێ لەسەر ئێوە نیە •

★ (يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ) ★

خودا لێتان خۆش ئەبێو تاوانتان ئەبەخشێ •

★ (وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (٩٢) ★

وە خودا میهرەبانەو لە هەموو خاوەن بەزەییێ بە بەزەییترە •

★ (اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هذا فَألْقُوُه على وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيراً وأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ) (٩٣) ★

وە فەرمووی : مادام مەسەلەکە لە هەموو لایێ روون بووەوە ئیتر پێویست نیە بەوە باری کاروانتان بۆ ساز بکەمو بنیامین بنێرمەوە ••• ئەم کراسی منە ببەن بۆ خزمەتی باوکمو بیهێنن بەسەر روخسارو چاویدا چاوەکانی خۆش ئەبنەوە ، وە هەموو ژنو منداڵو دەستەو دائیرەتـان بار بکەن لە وڵاتی کەنعانو بیانهێنن بۆ لای من بۆ وڵاتی میصر •

★ (ولمَّا فَصَلَتِ العِيرُ قالَ أَبُوهُمْ : إنِّي لأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أنْ تُفَنِّدُونَ ! (٩٤) ★

وە کاتێ کاروانەکە لە شاری میصر دەرچوو بەرەو کەنعان ، لـە کەنعانەوە باوکیان فەرمووی : بە راستی من بێنی یوسف دێتە دەماخم ئەگەر ئێوە بە درۆم نەخەنەوە !

★ (قالُوا : تاللهِ إنَّكَ لَفِي ضَلالِكَ القَدِيمِ) (٩٥) ★

ئەو کەسانەیش کە لە لایا بوون لە کورەزاو دەسـتەو خزمەتکار وتیان : وەڵڵاهی تۆ هەر وای لەسەر حاڵەتە پێشوەکەی خۆتو هەر وای لە بیری یوسفدا هەتا واهیمە بێنی یوسفت بـۆ دروست ئەکاو تۆ باسی ئەو ئەکەی •

★ (فلمَّا أنْ جاءَ البَشِيرُ ألْقاهُ على وَجْهِهِ فارْتَدَّ بَصِيراً) ★

جا کاتێ کاروانەکە نزیکەوە بوو لە پێشەوە موژدەدەر هات بـۆ خزمەتی حەزرەتی یەعقوب (د) کراسەکەی یوسفی هێنـا بەسـەر رووی حەزرەتی یەعقوبدا کوتوپڕ چاوەکانی کرانەوە وەکو جاری جاران چاوی چاك بووەوە •

★ (قـالَ : أَلَـمْ أَقـُلْ لَـكُـمْ إِنـِّي أَعْلَـمُ مِـنَ اللهِ مـا لا تَـعْلَـمُـونَ ؟) (٩٦) ★

جا یەعقوب بە دانیشتوانی دەوری خۆی وت : ئایا من نەموت بـە ئێوە کە من لە لایەنی خوداوە گەلێ حالّی وا ئەزانم کە ئێوە نایانزانن ؟

★ (قالـُوا : یا أَبانَا اسْتَغْفِرْ لَنا ذُنوبَنا إِنَّا كُنَّا خاطِئِينَ) (٩٧) ★

جا کوڕەکانی عەرزیان کرد : ئـەی باوکی ئێمـە داوای عەفوو تاوانبەخشیمان بۆ بکە لە خودا دەربارەی ئەو هەموو گوناهە کە ئێمـە کردمان ، بە راستی ئێمە ئەهلی خـەتا بووین‌و خەتاکارین‌و موحتاجی دۆعای تۆین •

★ (قـال : سَـوْفَ اسْتَغْفِرُ لَـكُمْ ربِّي إِنَّهُ هُـوَ الغَفُـورُ الرَّحِـيمُ) (٩٨) ★

حەزرەتی یەعقوب فەرمووی : ئێستە وازم لێبێنن هەتا کاتێ خودا دڵم رووناك ئەکاتەوە بۆ پاڕانەوە ؛ چونکی دۆعا کاتی تایبەتی هەیـەو ئینشائەڵلا بەم زوانە داوای عەفوتان بۆ ئەکەم لە خودای میهرەبانی خۆم ، بە راستی خودای من تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

★ (فلَمَّا دَخَلوا على يُوسُفَ آوى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وقالَ : ادْخُلوا مِصْرَ إِن شاءَ اللهُ آمِنِينَ) (٩٩) ★

جا کاتێ ئەوان روویان کردە میصر حـەزرەتی یوسف بـەرگ‌و پۆشاکێکی موناسبی بۆ ناردن هـەتا خۆیان بگۆڕن‌و بە بەرگێکی بـە حورمەتەوە خەڵك بیانبینێ ، وە خۆیشی لەگەڵ برادەرو دۆستان‌و دەستەیا رۆیشت بـە پیریانەوەو لـە دەرەوەی میصرا جێگەی ئامـادەکرد بۆ

پێشوازییان ، کاتێ کە باوکیو براکانی هاتنە بەرەوە داخڵی ئەو خێوەتە بوون کە یوسفی تێدایە باوكو دایکی لە خێوەتەکەی خۆیا دانا هەتا بە تایبەتی لە خزمەتیانا دابنیشێو خەمی دڵیان بڕەوێنێ ، وە پاش ماوەی ئاساییش فەرمووی : یالاّ جا داخڵی نەفسی شاری میصر بین بە خواستی خودای تەعالا لەگەڵ ئەمینیو سەلامەتی لە دەردی قاتیو نەهاتیو مەینەتی جیایی لە ئەولادو نەتەوەی خۆتان لەگەڵ هەموو دەستەو بەستەتانا ، وە فیعلەن هەموو بە دڵخوازی خۆیان جێگەو ماوایان بۆ دیساری کراو دامەزران •

ریوایەت کراوە : ژمارەی ئەو بەنیئیسرائیلیانە کە لەگەڵ حەزرەتی یەعقوبا داخڵی شاری میصر بوون لە خۆیو کوڕو کوڕەزایا حەفتاو دوو پیاوو ژن بوون ، وە لەو رۆژەدا کە لەگەڵ حەزرەتی موسادا دەرچوون لە میصر هەزارو پێنج صەدو حەفتاو ئەوەندە پیاوو ژن بوون بێجگە لە پیرو پیرەژنو منداڵی وردو بەرێشکە •

★ (ورَفَعَ أبَوَيْهِ على العَرْشِ وخَرُّوا لَهُ سُجَّدَاً ، وقالَ : يا أبَتِ هذا تَأْوِيلُ رُؤْيايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَها رَبِّي حَقّاً ، وقَدْ أحْسَنَ بِي إذْ أخْرَجَنِي مِنْ السِّجْنِ وجاءَ بِكُمْ مِنَ البَدْوِ مِنَ بَعْدِ أنْ نَزَغَ الشَّيْطانُ بَيْنِي وبَيْنَ إخْوَتِي ، إنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِما يَشاءُ إنَّهُ هُوَ العَلِيمُ الحَكِيمُ) (١٠٠) ★

وە کاتێ کە ئەو قەرەباڵغی حەزرەتی یەعقوبەو کوڕەکانی داخڵی شاری میصر بوون لە رێگەوە هەموویان رۆیشتنە بارەگاو لە دیوانی حەزرەتی یوسفدا دانیشتنو حەزرەتی یوسف لەبەر ئیحتیرامی باوكو

دایکی تەختەکەی خۆی بۆ بەجێهێشتن‌و ئەوانی لەسەر داناو خۆی لە شوێنێکی تردا دانیشت‌و براکانی هەموویان هەر یەکێ لەسەر شوێنی خۆیانا دانیشتن ، جا لەسەر یاسای ئیحتیرامگرتنی ئینسانی گەورە لەو رۆژەدا لە ولاتی میصرا باوك‌و دایکی‌و براکانی هەموویان کوڕنووشی رێزیان برد بۆ حەزرەتی یوسف لەبەر بەجێهێنانی یاسای ولات‌و لەبەر رێزی حەزرەتی یوسف نەکا خەلکی بلێن ئەمانە قەدری یوسفیان لە لا نیە •

جا حەزرەتی یوسف بە یاسای رۆژ وەلامی رێزەکەی ئەوانی دایەوەو بۆ (تحدث) بە نیعمەتی خوداو دەربڕینی سوپاس بۆ خودا عەرزی باوکی کرد فەرمووی : بابە گیان ئەمەی کە چاوت پێکەوت تەعبیری خەوەکەی من بو خودای تەعالا بە راستی هێنایە دی ، وە خودای تەعالا میهرەبانی کرد لەگەل مندا کاتێ کە دەری کردم لە زیندان‌و کردمی بە پیاوێکی خاوەن قیمەت لە لای پاشادا ، وە هەموو ئێوەیشی لە کەنعانەوە هێنا بۆ لام پاش ئەوە کە شەیتان میانەی من‌و براکانمی خراپ کرد ، بە راستی خودای تەعالا تەدبیری ناسك‌و نازداری هەیە بەرابەر بە هەر شتێ بیەوێ بیکات ، واتە شتی گران نیە لە بەرابەری قودرەت‌و تەوانایی ئەودا وە ئەوەندەیش بە شێوەیەکی جوان رێکی ئەخا کە هــۆی سەرسوڕمانی هۆشیارانە ؛ چونکی نە لە سوننەتی خۆی دەرئەچێ کە موباشەرەی ئەسبابەو نە بە شێوەیەکی وایش ئەیکا کە دلی دانا گەرد بگرێ • جا بە راستی خودای تەعالا زانایەو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا لە جیهانا •

جا ئەمجار بۆ دەربڕینی بەندەیی خۆی بۆ خودا لەم کاتەدا کە کاتی دەستەلاتەو بۆ دەرخستنی ئەوە کە ئەنجامی ئادەمیزاد ، گەداو پادشا ، هەر مردنەو گەڕانەوەیە بۆ لای خوداو بۆ (تحدث) بە نیعمەتی خوداو

دان‌نان بەو ئیحسانانەدا کە خودا کردوونی لەگەڵیاو بۆ رجای ئەوە کە لەپاش مردن لە ریزی پیاوە باشەکانا دابنرێ ئەم زاتە لە پێش هەموو شتێکا بە داوای دڵ فەرمووی :

★ (رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ المُلْكِ وعَلَّمْتَنِي مِنْ تَأْوِيلِ الأَحادِيثِ فاطِرَ السَّماواتِ والأَرْضِ أنْتَ ولِيِّي في الدُّنْيا والآخِرَةِ ، تَوَفَّنِي مُسْلِماً وأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ) (١٠١) ★

پەروەردگارا ! بە راستی تۆ داوتە بە من بازێ لە ریاسەت‌و گەورەیی لە ولاتی میصراو نیشانت داوم بازێ تەعبیرو تەفسیری کتێبی ئاسمانی یا تەعبیری ئەسراری خەو ، ئەی خودایە کە ئافەریننەدەی ئاسمانەکان‌و زەوی هەموو هەر تۆی یارمەتیدەری من لە دنیادا بۆ رەفعی ئازارو بەخششی بەش‌و بارە ، وە لە قیامەتیشا بۆ چاری تاڵی حەشرو خەلاتی بەهەشت‌و لیقای زاتی خۆت هەر کاتێ منت مراند بە موسوڵمانی بم‌مرێنەو لە ریزی پیاوە باشەکانا دام‌بنێ .

ئەم تەفسیرە لەسەر ئەساسی ئەوە کە هەر لە کاتی مولاقاتی باوك‌و براکانیا ئەم دۆعایە کردبێ ، وە ئەگەر کاتێ لە پێش وەفاتیا بووبێ ئەوە مەبەس لە موڵك‌و پادشاهی میصر بوە ، نەك ریاسەتی دارایی‌و بەس ، وە هەردوو مانا هەڵئەگرێ .

ریوایەت کراوە : پاش ئەوە یوسف گەیشت بە باوك‌و براکانی بە یەکەوە لە میصرا ژیان ، وە حەزرەتی یەعقوب بیست‌و چوار ساڵ ژیا لەگەڵ یوسفدا ، جا وەفاتی کردو وەصیەتی کرد : کە ببرێتەوە بۆ ولاتی خۆیان‌و لە لای قەبری باوکیا بنێژرێ‌و فیعلەن برایەوە بۆ ئەو شوێنەو

لەوێ نێژرا • وە لە پاش وەفاتی باوکی خۆیشی بیست‌و سێ ساڵ ژیاو لە پاش وەفاتی عەزیزی میصر زلێخای مارە کردو لـەم ژنـە دوو کوڕ : (افرائیم)و (میشا) باپیرەی (یوشع)و رەحمەی ژنی (ایوب) پەیدا بوون • جا حەزرەتی یوسف وەفاتی کردو لـە میصرا نێژرا هـەتا زەمانی حەزرەتی موسا (د) ئەو جەنازەکەی گوێزایەوە بۆ لای گۆڕستانی باوکـو باپیرەکانی (د) •

★ (ذلِكَ مِنْ أنْباءِ الغَيْبِ نُوحِيهِ إلَيْكَ) ★

ئەم باسانە کە بە تۆمان نیشان دا لە ئەخباری بوون کە ونبوون لە تۆو لە هاوولاتانی تۆیش ، ئێمە ناردمان بۆ تۆ بە جوبرەئیلدا •

★ (ومَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إذْ أجْمَعُوا أمْرَهُمْ وهُمْ يَمْكُرُونَ) (١٠٢) ★

وە تۆ لای کوڕەکانی یەعقوب نەبووی لەو کاتەدا کە بیری خۆیـان گرد کردەوە لەسەر زیانگەیاندن بە یوسف •

★ (وما أكْثَرُ النَّاسِ ـ ولَوْ حَرَصْتَ ـ بِمُؤْمِنِينَ) (١٠٣) ★

وە زۆربەی ئادەمیزادی دەورو بەری خۆت ئیمان نایەنن بەوە کە تۆ پێغەمەری خـودای ـ هەرچـەند تۆ زۆر خواسـت‌و نیازت لەسـەر ئیمانیان بێ •

★ (ومَا تَسْألُهُمْ عليْهِ مِنْ أجْرٍ إنْ هُوَ إلاَّ ذِكْرٌ لِلعالَمِينَ) (١٠٤) ★

وە تۆ ، ئەی خۆشەویست ، داوا ناکەی لەو کەسانە کە ئەم هەواڵە پەنامەکییانەیان بەسەرا ئەخوێنیتەوە هیچ تۆڵەیێ لەسەر یاسای ئەوانە کە

هەوانْ ئەخوێننەوە بەسەر خەڵکا ؛ چونکی ئەم قورئانە کە نازڵ ئەبێتە سەر تۆو تۆ ئەیخوێنیتەوە ئامۆژگاریو نەصیحەت کردنە بە شێوەی چاکەو فەزل بۆ هەموو کەس بە گشتی •

★ (وكأيِّنْ مِنْ آيَةٍ في السَّماواتِ والأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْها وهُمْ عَنْها مُعْرِضُونَ !) (١٠٥) ★

وە گەلێ ئایەتو دەلیل لەسەر وجوودی خوداو لەسەر تەنهایی ئەو هەیە لە ئاسمانەکانا بە هۆی رۆژو مانگو ئەستێرەو هەڵسووڕانیان وە لە زەویدا بە وشكو تەڕیەوە لە کانو گیاو گیانلەبەرانو باقی ئەشیا ، وە ئەم کافرانە رائەبوورن بەسەریانا بە چاو یا بە بیر یا بە پێ ، وەلحاڵ ئەوان بە نەوعێ ئیعرازیان هەیە لێیان وەکو بە چاو تەماشایان کردوون نە بە دلیانا هاتوونو نە بە سەریانا رابوردوون !

★ (وما يُؤْمِنُ أكْثَرُهُمْ باللهِ إلاَّ وهُمْ مُشْرِكونَ) (١٠٦) ★

وە زۆربەیان باوەڕ بە وجوودی خودا ناکەن ئیللا لەگەڵ باوەڕ بەوە کە خودا شەریكو هاوڕێی هەیە •

★ (أفأَمِنُوا أنْ تَأْتِيَهُمْ غاشِيَةٌ مِنْ عذابِ اللهِ ؟) ★

ئایا ئەم کافرانە ئەمین بوون لەوە کە شەپۆلێکی داگیرکەر لە سزای خودا بێت بەسەریاناو دایانپۆشێ وەکو شەپۆلی دەریا ؟

★ (أوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وهُمْ لا يَشْعُرونَ ؟) (١٠٧) ★

یا لەوە کە کاتی نەهاتی کۆتایی هاتنی دنیاو داهاتنی پاشەڕۆژیان بەسەردا بێت لە کوتوپڕا وەلحاڵ ئەوان لەو کاتەدا ئاگایان لە خۆیان نیەو نازانن بەوە کە قیامەتە هاتوە ؟

★ (قُلْ : هذِهِ سَبِيلي ادْعُو إلى اللهِ على بَصِيرَةٍ أنا ومَنِ اتَّبَعَني ، وسُبْحانَ اللهِ ومَا أنَا مِنَ المُشْرِكِينَ) (١٠٨) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو کافرانە : کە ئەم بانگکردنی عالەمە بۆ دینی تەوحیدو ئایینی تاق پەرستی رێگەی منە لە ماوەی ژیانماو خەڵك بانگ ئەکەم بۆ تەوحیدو ئەوانەیش کە پەیڕەوی منن خەڵك بانگ ئەکەن بۆ خودا بە یەكناسینو هەموویشمان لەسەر چاوڕووناکین ، وە خودا بە دوور ئەگرین لە شەریكو من لە موشریکان نیم • وە هەر کەسێکیش پەیڕەوی من بێ موشریك نیە ، وە خودا بە یەکێ ئەزانێ •

★ (وما ارْسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ إلاّ رِجالاً نُوحي إلَيْهِمْ مِنْ أهْلِ القُرى ، أفَلَمْ يَسِيرُوا في الارْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ الّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ؟ ولَدارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِلّذِينَ اتَّقَوْا ، أفَلا تَعْقِلونَ ؟) (١٠٩) ★

وە رەوانەمان نەکردوە لە پێش تۆدا ئیللا چەن پیاوێکی خاوەن ئەخلاقو خاوەن کەرامەتو دەستو داوێن پاکو دڵڕووناك لە ئەهلی ئاوەدانیە عادەتیەکان وەکو : مەکەو ، مەدیەنو ، ئەحقاف ، ئیتر ژنمان نەناردوەو فریشتەی ئاسمانمان نەکردوە بە رەهبەری ئادەمیزادی سەر عەرزو پەریمان نەهێناوە بۆ ناو ئادەمیزاد هەتا تەمێیان بکا • ئەمانە هەموو خەیاڵاتو ئەوهامن هەر لە ئادەمیزادی پاکمان رەوانە کردوە بۆ سەر ئادەمیزاد ، ئایا ئەم قەومی تۆیە نەڕۆیشتوون بەسەر زەویداو شوێنەواری پێغەمەرە پێشوەکانیان نەدیوەو ئەو شارانەیان نەدیوە کە خودا قاری گرتوە لە ئەهلەکەیانو وێرانی کردوون هەتا بیر بکەنەوەو تەماشا بکەن

کە چلۆن بوە ئەنجامی ئەو کافرانە کە لە پێش ئەوانا بوون ؟ وە بزانن ماڵی پاشەڕۆژ کە ماوای بەهەشتی دەوامدارە باشترە بۆ ئەوانە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا ئەپارێزن ، ئایا بەس نیە ئیتر ؟ ئایا هێشتا عەقڵ ناگرن ؟

★ (حَتَّى إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَنْ نَشَاءُ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ) (١١٠) ★

با کافرەکانی ئەم چەرخە بایی نەبن بەو مۆڵەتەی بەوان دراوە ؛ چونکی کافرەکانی چەرخی پێشوویش ماوەیەکی زۆر مۆڵەتیان دراو دوژمنایەتی پێغەمەرەکانیان کرد هەتا رادەیێ ئەو رەهبەرانە بێ هیوا بوون لەوە کە قسەیان تەئثیر بکا وە یاخود یارمەتیەکیان لە لای خوداوە بۆ بێ‌و گومانی کافرەکان هاتە سەر ئەوە ئەو پێغەمەرانە درۆیان لەگەڵدا کراوە لە لایەنی فریشتەی ئاسمانەوە کە وەحی بۆ هێناوەو وادەی نەصری پێداوە .. جا لەم تەنگوچەڵەمەدا کوتوپڕ لە لای خوداوە یارمەتییان بۆ هات‌و هەر کەسێ خودا خواستی لەسەر رزگاربوونی بوو‌بێ رزگار بوەو باقی مەندەکەیان بە هیلاکدا براون ؛ چونکی ئەوانە هەموو تاوانبار بوون وە سزای ئێمەیش ناگەڕێتەوە لەسەر تاوانباران کە رووی تێکردن .

★ (لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ ، مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (١١١) ★

بە راستی هەیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێغەمەران وە تۆمەتەکانیان دا وە یا بەسەرهاتی یوسف‌و براکانی‌و باقی رووداوی ئەو ماوەدا چەن رووداوێکی وەها کە هۆی عیبرەتگرتن بوون بۆ ئەوانە خاوەنی عەقڵی

ساغن ، وە ئـەم قورئانە هاتوە بۆ تۆ وتارێکی بەدرۆ هەڵبەسراو نەبوە بەڵکو وتارێکی راستی وا بوە کـە هـۆی تەصدیقی کتێبە ئاسمانیەکانە ئەوانە کە لە پێش قورئانا هاتوونەخوار وە بەیانە بۆ هەموو شتێ لەوانە کە پێویستین بۆ راگرتنی نیظامی پاکی دین بە نەوعێ کە خاوەن زانستەکان پاش وردبوونەوە لـە مەعنای ئاگادار ئـەبن بەسـەر ئەسبابی مانەوەی دینەکەیانا وەکـو بەیانی عەقیدەو بیرو باوەڕو تەوحیدی خوداو بـەیانی ئەحکامو ئادابی یاسای ئیسلامیەتو بەیانی دانایی گەورە بۆ موسوڵمانان بە راوێژی ئەهلی حەلو عەقد وە فەرمانبەرداری ئەو گەورانەو بـەیانی ئامادەکردنی هۆی بەرگری لـە نیظامی ئیسلامو ئوممەتی موسوڵمان وە بەیانی بەجێهێنانی صیلەی رەحم لـە بەینی باوكو دایكو براو خوشكو خزمو خوێشانا ، وە بـەیانی فێربوونی علمو صنعەتو پیشەی باشو سوودوەرگرتن لەوەی خـودا دروستی کردوە بۆ ئادەمیزاد لـە عـەرزو ئاسمانا لە دەریاو سارادا ، وە بەیانی راساڵی لە موعامەلەداو غەش نەکردن لەگەڵ یەکاو راگرتنی حوقووقو قەرزو قۆڵەو ئەدای شەهادەت بە راستی لە کاتی پێویستا ، وە دان لە دەستی ستەمکار لە دوو کۆمەڵ یا لە دوو کەسدا ، وە رەوابوونی تۆڵەسەندنەوە بە قەی حەق ، وە باشی عەفوو چاوپۆشی لەو حوقووقەدا کە چاوپۆشی لەوانا نەبێ بە هۆی جەسووری ئینسانی خـراپ ، وە بـەیانی رەوانەبوونی میهرەبانی لـە بەجێهێنـانی حودوودی شەرعیدا بۆ ئەوە ئادەمیزاد بترسنو لانەدەن لە یاسای راستو بەیانی بێ بەقایی عالەمی دنیاو دەوامداری عالەمی ئاخیرەت •

وە ئـەم قورئانە بـەو جۆرە کە باسمان کرد شارەزاکردنی نەزانەو میهرەبانی کردنە لەگەڵ ناتەواناندا بەم مەرجە ئەوانە لە قەومێ بن کە خاوەن ئیمان بن وە یا ئامادە بن بۆ ئیمان هێنان •

سورة (الرعد)

مدنية وآياتها (٤٣) نزلت بعد سورة محمد

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

★ (المر تِلْكَ آياتُ الْكِتابِ) ★

ئـەمە سوورەتێکە ناوبراوە بـەم چوار حەرفەو ، ئـەم سوورەتە ئایاتی قورئانە .

★ (والَّذِي اُنْزِلَ إلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ) ★

وە بـە راستی ئـەو ئایاتە کـە نازڵکراون بۆ لای تۆ لـە لایەنی پەروەردگاری تۆوە موافیقی واقیعو راستن .

★ (ولكِنَّ أكْثَرَ النّاسِ لا يُؤْمِنُونَ) (١) ★

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوانە راستن زۆربەی ئادەمیزاد لە راست لائەدەنو ئیمان ناهێنن .

★ (اللهُ الَّذِي رَفَعَ السَّماواتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَها) : ★

ئەو خودایە کە ئەم کیتابەی بۆ تۆ ناردوە ناوی (الله)یەو خودایەکی تەوانای وەهایە ئەو ئاسمانانەی بەرز کردوەتەوە بە تەنها هێزێ کە خۆی دایناوە لەوانەدا بە بێ هیچ پایەو ئیعتیمادێ کە ئێوە بە چاو بیانبینن .

★ (ثُمَّ اسْتَوى عَلَى الْعَرْشِ) ★

وە ئەو خودایە عەرشی عەظیمی داگیرکردوە •

★ (وسَخَّرَ الشَّمْسَ والقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمّىً) : ★

وە کورەی گەورەی رۆژو کورەی مانگی رام کردوە هەر یەك لەسەر مەداری خۆیا ، هەرکام لەوان هاتوچۆ ئەکەن لەسەر ئەو میزانە کە بۆیان بڕیار دراوە تا وەعدەیەکی دیاریکراو بە بێ کەمو زیاد •

★ (يُدَبِّرُ الأَمْرَ) : ★

وە ئەو خودایە کاروباری حوکمداری خۆی جێبەجێ ئەکا لەسەر خواستی خۆی •

★ (يُفَصِّلُ الآيَاتِ) ★

وە ئایاتی قورئان ئەنێرێتە خوارەوەو بەیانیان ئەکا بە تەفصیل ، وە یاخود ئایاتو دەلیلی وجوودو تەنیایی ئەخاتە بەرچاوتان یەك لـە دوای یـەك •

★ (لَعَلَّكُمْ بِلِقَاءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ) (٢) ★

بـە هیوای ئەوە کـە ئێوە ئیمان بێنن بـە رۆژی قیامەتو بـە گەیشتنتان بە حوزووری خودا بۆ حسێبو میزانی کردەوەو وەرگرتنی ئەنجامی رەفتارتان •

★ (وهو الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ) ★

خودا ئەو خودایە عەرزی راکێشاوە بە پانیو درێژیدا بۆ ئەوە بـە ئاسانی گیانلەبەران بەسەریا هاتوچۆ بکەن •

★ (وجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وأنْهاراً) ★

وە دروستی کردوە لە عەرزا چەند کێوانی بڵندی دامەزراو بۆ ئەوە کە بەفرو بارانی زۆر وەربگرنو ببن بە هۆی زۆری ئاوی چەشمەو ، وە چـەن جۆبارو روباری گەورەو بچووکی رەوان کردوە لـە ئاوی ئـەو سەرچاوانە کە لە کێوو شیوو دەرەکان دەرئەچن •

★ (ومِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيها زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ) ★

وە لە هەموو نەوعێ لە ئەنواعی داری بەرو بەری بە تامو بێنی خۆشو بە لەزەت ، دروستی کردوە لە عەرزا دوو جۆر ترشو شیرین رەشو سپی گەورەو بچووك ، یان نێرو مێ •

ئەوەی زانستی تازە دەری خستوە هەموو میوەو گوڵێ نێرو مێیان هەیەو هەندێکیان بە دەست موتوربە دەکرێن وەك نێرو مێی داری خورما ، وە هەندێکیان بە هۆی هاوردو بردی هەواوە موتوربە دەبن ، وەك خودا ئەفەرموێ : (وارسلنا الرياح لواقح) •

★ (يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهارَ) : ★

وە بەرگی تاریکی شەو ئەکا بە بەری رۆژی رووناکا هەتا وا تاریکی دایێ کەس بە بێ چرا کەس نابینێ •

★ (إنَّ في ذلِكَ لَآياتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرونَ) (٣) ★

بە راستی هەیە لەم هەموو تەسەرووفاتە عەجیبانەدا دەلیل لەسەر ئەمە کە ئەم جیهانە جیهانەوانی خاوەن زانستو خواستی بە حیکمەتی هەیەو ئەم ئایەتانە ئەبن بە بەڵگە بۆ گەلێ کە خاوەن بیرو هۆشی ساغ بن نەك بۆ ئینسانی بێ دەماخ •

★ (وفي الأَرْضِ قِطَعٌ مُتَجاوِراتٌ ، وجَنَّاتٌ مِنْ أَعْنابٍ ، وزَرْعٌ ، ونَخيلٌ ، صِنْوانٌ وغَيْرُ صِنْوانٍ ، يُسْقى بِماءٍ واحِدٍ ، ونُفَضِّلُ بَعْضَها عَلى بَعْضٍ في الأُكُلِ ، إنَّ في ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلونَ) (٤) ★

هەروا خودا خودایەکی تەواناى وایە لە عەرزا چەن پارچە زەوی لەیەك جیاوازی داناوە کە هەموو دراوسێ‌و نزیکی یەکن ، ئەم پارچە نەرمانەو ، ئەم پارچە رەقەنە ، ئەم پارچە بۆ کشتوکاڵ زۆر بارەدارە ، وە ئەو پارچەکەیان سوودی تێدا نیە ، هەروا چەن باخی دروست کردوە لە ترێ هەر کام بە رەنگێ‌و تامێ‌و شێوەیەکی تایبەتی ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەموویشیان بەری داری ترێن، وە چەن جۆرێ لە زەراعەتی دروست کردوە، لە گەنمدا چەن نەوعو ، لە جۆدا چەن نەوعو ، لە چەڵتووکدا چەن نەوعو ... هەروا غەیری ئەمانەیش ، وە چەن داری خورمای دروست کردوە دوو لفەو یەك لف ، کە ئەم هەموو نەوعە جۆراو جۆرە لە یەك ئاو ـ ئاو ئەدرێن‌و ، لە یەك جۆرە زەویدا ئەڕوێن‌و ، بازێکیانمان باشتر کردوە لە بازێکیان لە خواردن‌و تام‌و لەزەتا ، بە راستی لەمەدا هەیە چەن دەلیل لەسەر گەورەیی خودا بۆ گەلێ هۆشدارو هۆشیار بن .

★ (وإنْ تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَئِذا كُنَّا تُراباً أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَديدٍ ؟!) ★

وە ئەگەر تۆ تەعەجوب بکەی لە ئینکاری ئەو قەومە بۆ زیندوبوونەوەیان لە قیامەتا ئەوە حەقە ؛ چونکی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە ئەو ونارەیان کە بە ئیستینکارەوە ئەڵێن : ئایا کاتێ ئێمە مردین‌و لەشمان رزی‌و بووینەوە بە گڵ تازە بە تازە جارێکی تر دروست ئەکرێینەوە بە

شێوەیەکی تازەی سەر لە نوێ ؟! چونکی هەر دەسکارێ بێ لە عالەما بەس صانیعو مادەی خاوەن قابیلیەتی ئەوێو هەردوکیان هەن •

خودا وەکو خۆی زۆر تەوانایە
بە ذدرە ذدرەی عالەم زانایە
مادەیش عەرزێکە هەر وەکو سابیق
لەسەر ئیستیعداد باش موهەییایە

★ (اولئِكَ الّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ) ★

ئەوانەی کە باسمان کردنو خاوەنی ئەو وتارە چەوتانەن ئەوانەن کە کافرن بە وجوودی خودای زیندووی زانای تەوانا •

★ (وأُولئِكَ الاَغْلالُ في أعْناقِهِمْ) ★

وە ئەوانە کەساێکن لە ڕۆژی پاشەڕۆژدا زنجیر وا لە گەردنیانا •

★ (واولئِكَ اصْحابُ النّارِ هُمْ فِيها خَالِدونَ) (٥) ★

وە ئەوانە لـە ئاگری دۆزەخ جیـا نابنەوەو ئەوان لـە ناو ئاگردا ئەمێننەوە هەتا هەتایە •

★ (وَيَسْتَعْجِلونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الحَسَنَةِ) ★

ئـەو کافرانە ئەوەندە بەدبەختو چارەڕەشن پەلەپەل ئەکـەن لـە داواکردنی سزاو مەینەتدا لـە پێش ئەوەدا کە داوای رەحمەتو نیعمەتی خودا بکەن •

★ (وقَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمُ المَثُلاتُ) ★

وەلحاڵ لـە پێش زەمانی ئەوانا چـەنها سزاو تۆڵەو چـەنها فیتنەو

ئاشووب رابوردوە بەسەر ئوممەتە کافرە پێشوەکانا لە تۆڵەی ملەجڕێو سەرکێشی ئەوان لەگەڵ رەهبەرانا •

★ (وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِلنَّاسِ على ظُلْمِهِمْ) ★

بە راستی خودای تەعالا خاوەن عەفوو تاوانبەخشیە بۆ ئادەمیزاد لەگەڵ ئەوەدا کە ستەم ئەکەن لە نەفسی خۆیان بە ئیشراكو تاوانباریو ستەم ئەکەن لە خەڵکیش بە ئازاردانیانو زیانداند لە دارایی و شانیان •

★ (وإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ العِقَابِ) (٦) ★

بە راستی خودا هەم تۆڵەو سزایشی بەهێزەو لە کێشا نیە • خودا پەنامان بدا لە عیقابو عەزابی •

پێغەمەر هەڕەشەی ئەکرد لە کافرەکان بە سزای رۆژی قیامەتو بە هـاتنی سزای دنیـا بەسەریانا ، ئەوانیش باوەڕیان بـە سزای قیامەتو قیامەتیش نەبوو هەتا لەوە بترسن ، وە هەروا باوەڕیشیان نەبو بەوە کە سزای دنیا ریشیان ئەگرێ ، وە بەرۆکی حەزرەتیان ئەگرتو ئەیانوت : جا ئەگەر راستە سزای دنیا هەیە دەی دۆعا بکە با بێت بۆ سەرمان ! جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەم بێ هۆشانە لە باتی ئەوە بیر بکەنەوەو ئیمان بێنن و داوای نیعمەتو ئاسایشی خۆیان بکەن پەلەپەل ئەکەن بۆ هاتنی سزاو داوای سزا ئەکەن ، ئایا نازانن و ئایا نەیانبیستوە ئەو هەموو عوقووبەتە کە بەسەر کافرەکانا هاتوە لە پێش ئەم چەرخەدا ؟ دەی ئەو خودا هەر ماوەو تەوانایە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کـە ئادەمیزاد ستەمکارن خودا هەر ئەیەوێ میهرەبانی بکا تا کاتی خۆی ، ئەوجار ئەزانن عیقابی خودا توندو نابارە پەنا بەخودا •

★ (وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا : لَوْلا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ ! إِنَّمَا أَنْتَ مُنْذِرٌ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ) (٧) ★

وە کافرەکان ئەڵێن : ئەوە بۆچی لەسەر داواکردنی محەمەد ئایەتو موعجیزەیێ لەو موعجیزانە نایەتەخوارەوە کە ئێمە داوایان ئەکەین ؟ واتە : ئیعتیبار ناکەن بەوە کە قورئان موعجیزەیەو موبالات ناکەن بەو رووداوانە کە خودا کردوونی بۆ حەزرەتی محەمەدو کردوونی بە هۆی بەرزبوونەوەی : وەکو قەبووڵکردنی دۆعاکانی ، وەکو تەسبیحکردنی بەردەوردە لە ناو دەستیاو . وەکو زۆرکردنی خواردەمەنی کەمو ، وەکو دەرچوونی ئاوی زەلاڵ لە بەینی پەنجەکانیەوەو ، وەکو ئەو نەصرەتو یارمەتیە کە پێیدا لە رووداوەکانی (بەدر)و (حونەین)و (خەندەق)و (فەتحی مەکە)و فەوتاندنی دوژمنەکانیدا ... جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ هەر ئینسانێکی رەهبەری هاتوویت بۆ ترساندنیان لە سزا ، خۆ نەهاتووی بۆ ئەوە ئەوان داوای چ موعجیزەیێ ئەکەن تۆ بۆیان جێبەجێ بکەی . هیچ موبالات مەکە بەم داواکردنیانەو هەر قەومێ پێغەمەرێکی خاوەن بارەی هیدایەتدانیان هەیە کە لە حودوودی حیکمەتی خودادا بازێ موعجیزەی پێداون ئیتر خۆ بۆ هەر پێغەمەرێ هەموو موعجیزەیێ جێبەجێ نابێ .

★ (اللهُ يَعْلَمُ ما تَحْمِلُ كُلُّ أُنْثَى ، وَمَا تَغِيضُ الأَرْحامُ ، وَمَا تَزْدادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدارٍ) (٨) ★

خودای تەعالا زانستی ئەوەندە رەسایە ئەزانێ بەوەی ها لە سکی ژنی سکپڕدا نێر بێ یا مێو ، ئەزانێ بەوە کە منداڵدانی ژن کەمی ئەکا یا زۆری ئەکا ، واتە خودا ئەزانێ بە کەمو زۆری ئەوەی وا لە منداڵدانی

ژنانا ئایا یەکێکە یا دوانە یا سیانەو ، ئەزانێ بە ماوەی حەملی ژن حەوت مانگە یا نۆ مانگە یا دوو ساڵە یا چوار ساڵە ، وە ئەمانە هەموو لە لای خودا مەعلوومن ، وە هەر یەکێ لەم مەخلووقاتە میزانی تایبەتی هەیە ، وە هەموو شتێ لای خودای تەعالا ئەندازەیەکی دیاری هەیە •

★ (عالِمُ الغَيْبِ والشَّهادَةِ الْكَبِيرُ المُتَعالِ) (٩) ★

خودای تەعالا زانایە بەوەی کە پەنهانە لای ئێمەو ئەوەی کە دیارەو خودا شانی زۆر گەورەیەو دوورەو بەرزە لەوەی کە ئێمە بە خایاڵمانا دێ ؛ چونکی ئەو زاتە بە مەخلووقات ناشوبهێ هەتا ئێمە خەیاڵی بکەین •

★ (سواءٌ مِنْكُمْ مَنْ أسَرَّ القَوْلَ ومَنْ جَهَرَ بِهِ ، ومَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وسارِبٌ بِالنَّهارِ) (١٠) ★

موساویو یەکڕەنگە لە جەماعەتی ئێوەدا ئەو کەسە کە لەگەڵ خۆیا قسە ئەکا بە پەنامەکی وە ئەو کەسە کە قسەکەی ئاشکرا ئەکاو کەسێ کە خۆی ئەشارێتەوە بە شەودا وە یا خۆی دەرئەخا بە رۆژا •

★ (لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ ومِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أمْرِ اللهِ) ★

هەیە بۆ ئەو کەسە کە وتمان چەن فریشتەی مەئموور لە لای خوداوە کە تەعقیبی کارو کردەوەو قسەو باسی ئەکەن لە بەردەمەوەو لە پشتەوە هەر ئەو فریشتانە کە موراقەبەی کردەوەی ئەکەن ئەیشیپارێزن لە بەر خاتری ئەوە خودا فەرمانی پێداون ئەو نەفسە بپارێزن وە خودای تەعالا هەمیشە لایەنی رەحمەتو کەرەمی زۆرە لەسەر بەندەکانی خۆی •

★ (إِنَّ اللهَ لا يُغَيِّرُ ما بِقَوْمٍ حتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ) ★

به راستی خودای تەعالا ئەو پایەو مایەو شانو شێوەی دای به هەر قەومێ نای گۆڕێو نایفەوتێنێ هەتا ئەو خاوەن پایەو مایانە ئەو حاڵە پێشوە باشەکەی خۆیان ئەگۆڕن •

★ (وإذا أرَادَ اللهُ بِقَوْمٍ سُوءً فَلا مَرَدَّ لَهُ ، وما لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ والٍ) (١١) ★

وه کاتێ خودا خواستی قەومێ لا بباو ئیرادەی شەڕی پێ‌کردن لەبەر ئەوە ئەوان حاڵی خۆیان گۆڕیو له تێکۆشینو سەعیەوە کەوتنە تەمەڵیو له عیبادەتی خودا لایان دا بۆ نافەرمانیو له سوپاسی نیعمەتەوە لایان دا بۆ ناسوپاسی ئەوە مەعنای هاتنی قەزای بێ‌گەڕانەوەیە بۆ سەر ئەو قەومە ، وه غەیری خودای تەعالا کەس ریاسەتو چاودێری ئەو قەومە ناکا • ئەم یاسایە کـە خودا لـەم ئایەتەدا بـەیانی کردوە یاسایـەکی گشتی‌یە بـۆ حوکوومەتو بۆ قەومو عەشیرەت وه بۆ خانەدانو بۆ تاقـە ئینسانێ لـە چەرخی خۆیا هەتا ئەمانە لەسەر یاسای دانراوی خودا بڕۆن •

★ (هو الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفاً وطَمَعاً ويُنْشِىءُ السَّحابَ الثِّقالَ) (١٢) ★

خودا خودایەکی وەهایە بەرقی ئاسمانتان نیشان ئەدا لەبەر ئـەوە بترسن له ئازاری ئاسمانیو هیواتان بێ به فەڕو پیرۆزی نیعمەتی خودا کە لەگەڵ بارانا ئەڕژێنە خوارەوەو له ئاسمانا چەن پارچە هەوری قورس بەیەکەوە ئەنێ •

★ (ویُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ والملائِکَةُ مِنْ خِیفَتِهِ) ★

وه تەسبیحی خودا ئەکا دەنگی بە هەیبەتی ئاسمانی مەشهوور بە (رعد) : هەورەگرمە لەگەڵ حەمدو ثەنایا ئەڵێ : من ئەو دەنگە بێ رەنگەم کە بە فەرمانی پەروەردگاری جیهان پەیدا بووم لە مادەی هەوری هەڵگری باران ، موژدە ئەدەم بە گیانلەبەران وا نیعمەتی خوداتان بەسەرا ئەبارێ ئەو خودایە کە هەر نیعمەتێ بگرێتەوە لەبەر حیکمەتە ، وە هەر نیعمەتێ رەوانە بکا لەسەر رەحمەتە ، وە ئەو خودایە خودای هەموو گیانلەبەرانە لە عەرزو عاسمانا .

بێ فەرقە لا ئەو دێوانەو هۆشیار
دۆستو دوژمنی نامەردی بەدکار
رۆزی ئەنێرێ بۆ دۆستو دوژمن
بۆ شەقیو سەعید کافرو موئمین
نیە لە عەرزاو لە ئاسمانا
یەکێ لە گەلی گیانلەبەرانا
مەگەر نیشانەی خودای وا پێوە :
رزقت لا منە تا وای بە پێوە

★ ★ ★

هەروا ئەو فریشتەی ئاسمانیشە کە مەئموورە لەسەر هەورو باران ئەویش تەسبیحی خودا ئەکا لە مەقامی ئیجلالو ئیحتیرامی فەرمانی خودادا .

★ (وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَنْ يَشَاءُ) ★

وه ئـه‌و خودایه کـه لـه به‌یه‌ك‌گه‌یشتنی پارچه هه‌وره‌کانا چه‌ند صاعیقه‌و پارچه‌ی ئاگرین جیا ئه‌کاته‌وه‌و ره‌وانه‌یان ئه‌کا به هه‌واداو جارجار ئه‌دا له ده‌ریا چه‌نها ماسی ئه‌کوژێ‌و جارجار ئه‌دا له زه‌وی وشکان‌و چاڵی ئه‌کاو دار هه‌ڵئه‌که‌نێ ، وه جارجاریش به خواستی خۆی ئه‌یگه‌یه‌نێ به‌و که‌سه‌ی خواستی له‌سه‌ر فه‌وتاندنی بێ وه له ناوی ئه‌با .

★ (وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللهِ) ★

وه‌لحاڵ ئه‌وانه که ئه‌و تریشقه لێیان ئه‌دا که‌سانێکی وان که موجاده‌له ئه‌که‌ن له وجوودی زاتی خوداو له چلۆنی ئه‌ودا .

★ (وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ) (١٣) ★

وه ئه‌و خودایه که ئه‌وان باوه‌ڕیان پێی نیه ، بۆ ئازاردانی به دوژمن به‌هێزه .

ریوایه‌ت کراوه : ئه‌م ئایه‌ته نازڵ بوه له شانی (عامری کوڕی طفیل)و (اربدی کوڕی ربیعه)دا ، هاتن بۆ خزمه‌تی حه‌زره‌ت ـ د ـ به فێڵ به خه‌یاڵی ئه‌وه بیکوژن ؛ جا عامیر مه‌شغووڵی کرد به موجاده‌له‌کردن له‌گه‌ڵیاو (اربد) هه‌ڵسووڕاوه بۆ پشتیه‌وه بۆ ئه‌وه به شیر لێی بدا ، وه حه‌زره‌ت ئاگاداری بیره پیسه‌که‌یان بوو فه‌رمووی : **(اللهم اكفنيهما بما شئت)** واته : **خودایه چاری ئه‌مانه‌م بۆ بکه به هه‌رچی خۆت خواستت هه‌یه ، کاتێ ئه‌وانیش زانییان حه‌زره‌ت به بیره‌که‌ی زانیون هه‌ستان رۆیشتن له** رێگه‌دا تریشقه‌یێ له ئاسمانه‌وه هاته خوار دای له (اربد)و کوشتی ؛ وه عامیریش لوویه‌کی لێ په‌یدا بوو رۆیشت له ماڵی ژنێکی (سلوليه)دا

کەوت ئەویش هاواری ئەکرد ئەیوت : وەرە بمرە بە لوویێ وەکو لووی وشتر لە ماڵی ژنێکی (سلولیە)دا !

★ (لَهُ دَعْوَةُ الحَقِّ والَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لا يَسْتَجِيبُونَ لَهُمْ بِشَيْءٍ) ★

هەر بۆ ئـەو خودایە بانگکردنی راست بـە راستی هەر لـەو بانگ ئەکرێ بۆ چاری بیمارو ئازارو بێزار ، وە هەر بۆ ئەو ئەکرێ بەندەیی‌و لەوەوە دەست ئەکەوێ پیرۆزی ، وە ئەو بتە ناشی‌تاشراوانە کە کافرەکان بانگیان ئەکەن بە ناحەق جوابی کافرەکان نادەنەوە بە چاك‌و خراپ •

یارۆی بێ زمـان خـۆی بێ وتارە
وتــار لەگەڵیـا مایـــەی ئەدبـارە

★ (إلاَّ كَباسِطِ كَفَّيْهِ إلى المَاءِ لِيَبْلُغَ فاهُ وما هُوَ بِبالِغِهِ وما دُعاءُ الكافِرِينَ إلاَّ في ضَلالٍ) (١٤) ★

مەگەر ئەنجامی بانگکردنی ئەوانە وەکو ئەنجامی کەسێ بێ هەردو بەری دەستی بڵاوکردبێتەوەو بانگ بکا لە ئاو بۆ ئـەوە بگاتە دەمی وە لەبەر نەفامی ، ئەو ئاوە ناگاتە دەمی ؛ چونکی بانگکردن لە بێ‌گیان یا لە نەفام بێ ئەنجامە •

یاخود وەکـو کەسێکە کاتێ بیەوێ بـە مشتی خۆی ئاو بخواتەوە پەنجەکانی بڵاوبکاتەوەو خواستی ئەوەیشی بێ ئەو ئاوە بگاتە دەمی ، وە لە واقیعیشدا ئەو ئاوە لە ناو مشتی پەنجە بڵاودا نامێنێ هەتا بگات بە دەم • بەڵام مەعنای ئەووەڵ جوانە ؛ چونکی لەسەر ئەساسی داوا لە بێ‌گیان‌و بێ‌شوعوورە ، بەڵام مەعنای دوەم لەسەر بناغـــەی نابەکاری زەرفە •

★ (وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً وَظِلالُهُمْ بِالغُدُوِّ وَالآصَالِ) (١٥) ★

چۆن ئەم کافرانە وەها بێ شوعوورنو تا کەی نافامنو عیبادەتی خودا ناکەن ؟ لەگەڵ ئەوەدا هەر بۆ خودا کڕنووشی بەندەیی ئەبا هەر فامیدەیێ وا لە ئاسمانەکانداو هەر فامیدەیێ وا لە عەرزا بە ئارەزووی خۆی وەکو موسوڵمانەکانو فریشتەکان ؛ یا بە زۆر وەکو کافرەکان لە کاتی ناچاریداو لە لێقەومانا ، نەك تەنها خۆیان سوجدە ئەبەن بەڵکو سێبەرەکەیشیان هەر ئیتاعەو فەرمانبەرداری خۆیـــان دەرئەبڕن ، ئەوەتـــە کە **رووناکی رۆژ** دەرکەوت سێبەر بە پێی جووڵاندنی رۆژ ئەجووڵێتەوە ، بە **درێژیو** ، **بە** کورتی ، بە بوونو ، بە نەبوون ، لە **بەیانیو ئێوارەدا** .

★ (قُلْ : مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ؟ قُلِ : اللهُ) ★

ئەی پێغەمەری رەهبـەر پرسـیار بکە لـەو کافرانەو بڵێ : کێ پەروەردگاری ئاسمانەکانو عەرزە ؟ بـە تەبیعەت ئـەوان ئەگەر بفامن ئەڵێن : خودا . بەڵام ئەگەر لەبەر عەناد بێدەنگ بوون تۆ خۆت جوابی **خۆت بدەرەوە** ؛ **چونکی جوابەکە ئاشکرایە** ، **بڵێ** : **پەروەردگاری هەموو** هەر خودایە .

★ (قُلْ : أَفَاتَّخَذْتُمْ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لا يَمْلِكُونَ لِأَنْفُسِهِمْ نَفْعاً وَلا ضَرّاً ؟) ★

جا بفەرموو پێیان : ئایا لەگەڵ ئەوەدا کە دەرکەوتوە پەروەردگاری هەموو هەر خودایە دەی بۆ لە غەیری ئەو پەروەردگارە چەن دۆستـی وەهاتان گرتوە کە ئەوان بۆ خۆیان دارای سوودو زیانگەیاندن نین ؟!

★ (قُلْ : هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمى والبَصِيرُ ؟) ★

جا بفەرموو : ئایا ئینسانی کوێرو چاودار ئەبن بە یەك ؟ حاشا ، حاشا .

★ (امْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُماتُ والنُّورُ ؟) ★

یا خێر قەت وەکو یەك ئەبن تاریکیەکانو رووناکیەکان ؟ مەبەس رووناکی ئیمانو تاریکی کوفرە ، حاشا ، دووبارە حاشا .

★ (أمْ جَعَلُوا لِلّٰهِ شُرَكاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشابَهَ الخَلْقُ عَلَيْهِمْ ؟) ★

یاخێر ئەو کافرانە قەراریان داوە بۆ خودا چەن هاوڕێیەك کە ئەوانیش مەخلووقاتیان دروست کردوە وەکو چۆن خودا مەخلووقات دروست ئەکاو مەخلووقەکانیان لەیەك ناکرێنەوە ؟ جا کافرەکانیش وتوویانە : مادام ئەم بتانەیش شت دروست ئەکەن وەکو خودا ئەمانەیش شایاوی خوداین ! حاشا .

★ (قُلِ : اللهُ خالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وهُوَ الواحِدُ القَهّارُ) (١٦) ★

ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ : هەر ئەو زاتە واجبە کە ناوی (الله)یە هەموو شتێکی دروست کردوە ، وە هەر ئەوە تاکی تەنیای خاوەن زۆرە بەسەر کائیناتا .

★ (أنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً فسالَتْ أوْدِيَةٌ بِقَدَرِها ، فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَداً رابِياً ، ومِمّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النّارِ ابْتِغاءَ حِلْيَةٍ أوْ مَتاعٍ زَبَدٌ مِثْلُهُ ، كَذلِكَ يَضْرِبُ اللهُ الحَقَّ والباطِلَ ، فأمّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفاءً ، وأمّا ما يَنْفَعُ النّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأرْضِ . كَذلِكَ يَضْرِبُ اللهُ الأمْثالَ) (١٧) ★

خودای تەعالا بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد حاڵی بکا لە حەقیقەت تەشبیهی شتی مەعقوول ئەکا بە مەحسووس واتە شتێ لەبەر چاوا نەبێ تەشبیهی ئەکا بـە شتێ لەبـــەر چاوا بێ ، وە جـار بەجـار تەشبیهی مەعقوول بە مەعقوولێکی رووناکتر ئەکا وە جارجار تەشبیهی بینراو بە بینراو ئەکا ، وەکو ئەم ئایەتە لێرەدا ئەفەرموێت : خودا لە ئاسمانەوە ئـاو ئەڕژێنێتە خوارەوەو باران ئەبارێنێ ، جا چۆمو شیوەکان لافاویان تێدا هەڵئەستێو لافاو دێ بە هەر شیوێکدا بە ئەندازەی کەمو زۆری ئاوی خۆی ، وە ئەو لافاوە بە تەبیعەتی شوێنی خەوشو خاڵ وە یا چڵكو کەفی مەوادی پیس هەڵئەگرێو بەسەریەوە دیارە بەرز ئەبێتەوە ، ئەمە لەم میقدارەدا ئەصڵی هەبو وەکو ئاوی باران کە هەزاران سوودی تێدایە ، وە فەرعێکیش هەیە وەکو کەفەکەی سەری وە خەوشو خاڵەکەی کە بە کاری هیچ نایێ وە لە ئەترافی شیوەکەدا ئەفەوتێو بە زایە ئەڕوا .

هەروا ئەفەرموێت : وە لەو کانە بـە نرخەکانیش وەکو ئاڵتوونو زیوو مسو برنجو غەیری ئەمانەیش کە ئاگری لەسەر هەڵئەگیرسێنن ، وە ئەو شتانەیش وان لە ناو ئاگرەکەدا بە تەحقیق وەکو ئەو ئاسنو برنجەیە کە لە ناو کوورەی ئاگرا سوور ئەکرێنەوە نزیکە بتوێنـەوە جا چەکوشی لێ ئەدەنو مادە پیسەکان وەکو چڵك ئەکەوێتە سەر ئەو مادەو فڕەی ئەدەن . وە یاخود لە ئاگرەکەدا بێ حوکمن وەکو ئەو زێڕو زیوە کە لە ناو بۆتەدا دایئەنێن وە ئەو بۆتە ئاگر ئەدەن هەتا ئەو مادە ئەتوێتەوەو ئەبێ بە ئاو وە چڵکی وەکو کەف ؛ وە ئەکەوێتە سەر مادە بەنرخەکە کە توێنراوەتەوە بۆ ئەوە خشڵی لێ دروست بکرێ یاخود شتێکی بە سوودی لێ دروست بکرێ کە بەکار بهێنرێ بۆ رابواردنی ماوەی ژیـان وەکو : خەنجەرو ، شمشێرو ، گۆی ئەمانە ، وە ئەو قاپو قاچاخە کە لەمانە دروست ئەکرێن ..

لەسەر ئەم مادە بە نرخانەیش کەفێ هەیە وەکو کەفی ئاوی لافاو .. جا بەم جۆرە تەشبیهە خودا زیکری حەق‌و باطیل ئەکاو ، باسی ئیمان‌و کوفر ئـەکاو ، باسی ئینسانی موسوڵمان‌و ئینسانی بێ دین ئـەکا ، جا کەیفی خۆتانە ئەگەر تەشبیهی حەق‌و ئیمان ئەکەن بە ئاوی بارانی ساف‌و مادەی مەعدەنی خالص ، وە تەشبیهی بەتاڵ‌و کوفر ئەکەن بەو کەفە بێ‌سوودە وا بە سەرەوە ئەوە دیارە تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووس ئەبێ ، دیارە کە حەق‌و بەتاڵ‌و ئیمان‌و کوفر بە چاو نابینرێن وە کەف لەسەر لافاوو لەسەر مەعدەنی تواوەدا دیارە بە چاو ئەبینرێن .

وە ئەگەر تەشبیهی ئینسانی موسوڵمان ئەکەن بە ئاوی ساف‌و کانی تواوەی خالیص وە تەشبیهی ئینسانی کافریش ئەکەن بەو کەفە بێ‌سوودە وا بە سەرەوە ئەوە دیارە ئەمەیش تەشبیهی مەحسووس بە مەحسووسە ، وە هەردوو لا بە چاو ئەبینرێن ، وە مەعلوومیشە کەف‌و ئینسانی بێ دین بێ سوودن ، وە ئاوی ساف‌و کانی ساغ سوودیان زۆرە ، وەکو خودا لە ئایەتەکەدا فەرموویەتی مەعناکەی ئەمەیە :

هەرچی ئـەو کەفـە کـە لەسەر ئاوە سافەکەیە وە یا لەسەر کانـە ساغەکەیە ئەوە ئەڕوات بە ڕۆیشتنێکی سووکی وەها کەس بۆی ناڕوانێ ، وە هەرچی ئەوەیش کە قازانج ئەدا بە ئادەمیزاد وە کو ئاوەکە کە بۆ کشت‌و کاڵ‌و خواردنەوە بەکار ئەبرێ وە وەکو ئەو زیوە کە ئەسبابی بە قیمەتی لێ دروست ئەکرێ ئەوە لە عەرزا ئەمێنێتەوە بەو شێوە ئینسانی کافری بێ دین بێ سەرو بەر بە زیانەوە ئەڕوا ، وە ئینسانی موسوڵمان بە نەفس‌و کردەوەی بەرزەوەو خوو ڕەوشتی چاکەوەو بیرو باوەڕی ڕاستەوە ئەبێ بە پێشەوا بۆ ئادەمیزادی پاك . جا خودای تەعالا ئا بەم شێوە وێنە بەیان

ئـەكا بـۆ حەقایقی دینیو كردەوەی ئیسلامیو خاوەن كردەوەو بـیرو باوەڕەكان لە هەردوو لا •

جا خودای تەعالا بۆ باسی ئەنجامی هەردوو لاكەیش ئەفەرموێت :

★ (لِلَّذِينَ اسْتَجابُوا لِرَبِّهِمُ الحُسْنى) ★

بۆ ئـەو كەسانە كە لەسـەر فەرمانی خـودا ئەڕۆنو ئەمرو نەهیی خودایان قەبووڵ كردوە پاداشێكی زۆر باشو پایەی زۆر بەرز هەیە لـە رۆژی قیامەتا •

★ (والَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَـهُ لَوْ أَنَّ لَهُمْ مـا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ومِثْلَهُ مَعَهُ لافْتَدَوْا بِهِ) : ★

وە ئەو كەسانەیش كە بە ئەمرو نەهی خودایان نەكردوە ئەكەونـە ئاگرێكەوەو سزایێكەوە ئەگەر هەرچی وا لە عەرزا ماڵی ئەوان بوایـەو ئەوەندەی تریشیان ببوایە ئەیان دا بە تۆڵەی خۆیانا بۆ ئەوە رزگار بینو لەو سزایە دەرچن ، هەرچەن ئەوەیش بە هیچ شێوەیێ سوودی پێ نادا وەكو خودا ئەفەرموێت :

★ (اولئِكَ لَهُـمْ سـوءُ الحِسـابِ ومأْواهُمْ جَهَنَّمُ وبِئْسَ المِهـادُ) (١٨) ★

واتە ئەوانە كە موبالاتیان بە حوكمی خودا نەكردوە حسێبی خراپی بـە شیددەتو خاوەن موناقەشەیان هـەیەو ماواو مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخەو دۆزەخیش قەرارگایەكی زۆر زۆر ناهەموارە !

★ (افَمَنْ يَعْلَمُ أنَّما اُنْزِلَ إلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أعْمى ؟) ★

ئایا کەسێ کە بە دڵ باوەڕی بێ ئەوەی لە لایەنی خوداوە نازڵ کراوە بۆ تۆ وەکو ئـەم قورئانە بێت حەقـەو راستەو بۆ رەهنومووانی جین‌و ئینس هاتوە وەکو یەکێك وایە کە چاوی کوێرە دەرحەق بە تۆو چاوی نابینێ ، چ جـای ئـەوە بیر بکاتەوە لـەو قورئانەدا هـاتوە بۆ تۆو دڵی کوێرەو مەفهوومات دەرك ناکا هەتا دەلیلیان لێ دروست بکا لەسەر ئەوە کە ئەو قورئانە هاتوەتە خوارەوە بۆ تۆ کەلامی خودایەو حەقەو راستە ؟ حاشا چۆن ئەم دوو کەسە وەکوو یەك وەهان ! بەلـکو لە یەك جیاوازن •

★ (إنَّما يَتَذَكَّرُ اولوا الاَلْبابِ) (١٩) ★

بە راستی نەوەکو بیر ئەکاتەوە لە راستی ئەو کەلامەدا کـە بۆ تۆ هاتوەو لە راستی خۆتا مەگەر خاوەن هۆشە ساغەکان •

★ (الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللهِ ولاَ يَنْقُضُونَ المِيثَاقَ) (٢٠) ★

ئەو کەسانە کـە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کـە پێغەمەرە پێشوەکان کردوویانە لەگەڵ باوك‌و باپیرەیاناو لە کتێبەکانیانا بۆیان بەجێ‌هێشتوون ، یا ئەوانە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کە خودا لە عالەمی ئەرواحدا لەگەڵیانا کردوویەتی ، یا ئەوانە کە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کـە بـە هۆی خەلاتی عەقڵەوە ئیلتیزامیان کردوەو ئەو پەیمانانە هەڵناوەشێننەوە •

★ (والَّذِينَ يَصِلونَ ما أمَرَ اللهُ بِهِ أنْ يُوصَلَ ويَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ويَخافُونَ سوءَ الحِسَابِ) (٢١) ★

وە مەگەر ئەو کەسانە کە هەرچی خودا فەرمانی داوە بەجێی بێنن

وەکو : ئیمانو ، راستگۆیی‌و . سیلەی رەحم لەگـەڵ خزماناو لەگـەڵ موسوڵمانانا‌و لەگەڵ هەرکەسێکدا کە خاوەنی حوقووق بێ‌و . لە خودای خۆیان ئەترسن‌و لە حسێبی موناقەشەتیاکراو ئەترسن . هەر ئەمانە ئەهلی بیرکردنەوەو پەندوەگرتنن‌و بەس •

★ (والَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وأقامُوا الصَّلاةَ وانْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرّاً وعَلانِيَةً ويَدْرَؤُنَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ اولئِكَ لَهُمْ عُقْبى الدّارِ) (٢٢) ★

وە ئەو کەسانە کـە بیر ئەکەنەوە هەتا لـە حەق بگەن کە صابیرو خۆگرن لە جیهاد لـە رێگەی خواداو . لـە ئازارو بێزاراو ، لە ناساغی‌و داماویدا . لـە کاتی هاتنی مسیبەتا لـە گەرمەتاوەکەیداو ، سەبر ئەکەن لەسەر قاری دڵی خۆیان‌و موقابەلەی ئینسانی ئامەردی واتەسارد ناکەن بـە واتەی ساردو . بەرد نادەن لـە بەردو . سەبر ئەکەن لەسەر گرانی دەسنوێژو غوسڵ لە کاتی ناکاتاو . صەبر ئەکەن لەسەر گەدایی‌و ، خۆیان تێکەڵی ماڵی حـەرام ناکەن‌و . خۆیان لـە بەرابەری ئارەزووی نەفسی ئەمارەوە ئەگرن‌و ، بە فیسق‌و فوجوور خۆیان پیس ناکەن • وە ئـەو کەسانە کە بـە راستی نوێژەکانیان جێ‌بەجێ ئەکەن . لـە پێشدا فێری واجبات‌و ئادابیان‌و ئادابی دەسنوێژو غوسڵیان ئـەبن‌و فیعلەن بـەجێیان دێنن‌و چاودێری سەرەتای کاتی فەرزەکان ئەکەن‌و بە قەی توانا هەوڵی حازربوونی جەماعەت ئەدەن‌و بە ئەدەب‌و شەرمەوە . وە یادی مەعنای ئەرکان‌و ئادابەکان بە دڵ ئەکەن‌و لە پاش تەواوبوونی نوێژەکان لە خودا ئەپارێنەوە کە لە تاوان بیان‌بەخشێ •

وە لەو داراییە کە ئێمە کردوومانە بە رزق‌و رۆزی بۆ ئەوان بۆ عائیلەی خۆیان‌و میوانیان‌و بۆ گەداو داماوان کـە بێنـە بەرچاویان بـە پەنامەکی‌و بە ئاشکرا لێی سەرف ئەکەن‌و زەکاتی ماڵی خۆیان دەرئەکەن‌و لە خێرات‌و چاکەیش قوسوور ناکەن •

وە بە کردەوەی چاك چاری کردەوە خراپەکانی خۆیان ئەکەن‌و . بە کردەوەو وتاری چاك موقابەلەی پیاوی بەدکرداری بەدوتاری نەفام ئەکەن‌و فیتنە ئەکوژێننەوە ••• ئا ئـەم جۆرە ئینسانانە ئەنجامی چاکیان هەیـەو ماوای باشیان بۆ دیاری ئەکرێ •

★ (جَنَّـاتُ عَـدْنٍ يَدْخُلونَها ومَنْ صَـلَحَ مِنْ آبائِهِـمْ وأزْواجِهِمْ وذُرِّيَّاتِهِمْ والملائِـكَـةُ يَدْخُلون عَلَيْهِـمْ مِـنْ كُلِّ بابٍ) (٢٣) ★

ئـەو ماوا باشەیان عیبارەتە لـە چەن بەهەشتێکی جێگەی مانەوەو ئارام‌تێداگرتن هەتا هەتایە ، کە خۆیان‌و پیاوچاکان لە باوك‌و باپیرەو ژن‌و منداڵیان ئـەڕۆنە ناویان بـە شـادی‌و دڵگوشـادی ، وە فریشتەکانی بەهەشتیش لە هەموو دەرگایەکەوە ئەڕۆن بۆ لایان‌و پێیان ئەڵێن :

★ (سَلامٌ علَيْكُمْ بِما صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقبى الدَّارِ) (٢٤) ★

سەلامی خوداتان لەسەر بێ بە هۆی ئەو سەبرەو ئەو خۆگرتنە کە کردتان لە جیهانی یەکەما لە بەر رەزای خودا وە دانیشن بە خۆشی ، زۆر زۆر جوانە خانووی دوایی باقی لە پاش خانووی پێشووی فانی •

★ (والَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللهِ مِنْ بَعْدِ مِيثاقِهِ ويَقْطَعُونَ ما أمَرَ اللهُ بِهِ أنْ يوصَلَ ويُفْسِدونَ في الأرْضِ اولئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ ولَهُمْ سوءُ الدَّارِ) (٢٥) ★

وه ئه‌و که‌سانه‌یش که به خیلافی کۆمه‌ڵی پێشوون ، واته ئه‌وانه که په‌یمانی خودا ، به‌و مه‌عنایانه که وتمان ، هه‌ڵئه‌وه‌شێننه‌وه له پاش به‌ستنی‌و ئه‌ستوورکردنی‌و ، ئه‌بڕن ئه‌وه‌ی که خودا فه‌رمانی داوه به به‌جێهێنانی ، واته به‌رابه‌ر به ئیجابیات سه‌لبی‌و به‌رابه‌ر به سه‌لبیات ئیجابیین ، وه سه‌ره‌ڕای ئه‌وانه خراپه‌یش ئه‌که‌ن له عه‌رزاو فیتنه‌و ئاشووب هه‌ڵئه‌گیرسێنن‌و ؛ به‌رابه‌ر به پیاوه باشه‌کان موعاره‌زه ئه‌که‌ن‌و ، له به‌رابه‌ری بیرو باوه‌ڕی باش‌و کرده‌وه‌ی چاکه‌وه عه‌نادو قینه‌به‌ری ئه‌که‌ن‌و ، نایه‌ڵن ئیشی باش سه‌ربگرێ‌و گێره شێوێنن ... ئه‌وانه به‌ش‌و باره‌یان له‌عنه‌ت‌و نه‌فرینی خودایه‌و بۆ ئه‌وانه خانووی خراپی ناهه‌موار له قیامه‌تا .

★ (اللهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشاءُ ويَقْدِرُ ، وفَرِحُوا بِالحَياةِ الدُّنْيا . وما الحَياةُ الدُّنْيا في الآخِرَةِ إلاَّ مَتاعٌ) (٢٦) ★

ئه‌مانه نافامن . خودا رۆزی گوشاد ئه‌کاته‌وه بۆ هه‌رکه‌سێ خواستی لێ بێ‌و ته‌نگیشی ئه‌کاته‌وه . که‌چی ئه‌مانه رۆزی خۆیان له خوداوه نازانن‌و دڵخۆش ئه‌بن به ژیانی ئه‌م دنیا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ژیانی ئه‌م دنیا به چاو قیامه‌ته‌وه رابواردنێکی بێ نرخه .

★ (ويَقولُ الَّذينَ كَفَروا : لَوْلا اُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ !) ★

وه کافره‌کان پاش ئه‌وه که چاویان ئه‌که‌وێ به‌م هه‌موو کاره‌ساتی له

عادەت بەدەرە کە بۆ حەزرەت بەیدا ئەبێ‌و هەر کام لەوانە بەسە بۆ دەلالەت لەسەر ریسالەتی •• بە شێوەی عەنادو نابارى هەر سوورن لەسەر داواکردنى بازێ شتی مادی وەکو خەزێنەیێ کە تەواو نەبێ‌و بەهەشتێ کە لە بەردەستیانا بێ ! وە ئەم جۆرە ئایەتە خودا بۆ هیچ پێغەمەرێکی نەکردوەو نایکا ؛ چونکی رۆحی فەلسەفەی ریسالەت ئەمەیە ئادەمیزاد نە ئارەزووبازی بکەوێ ، وە ئەم شتانە ئەوان داوای ئەکەن هەمووی بۆ هەواو ئارەزووبازییە ، وە لەم لایشەوە کە خودا ئەمەیان بۆ ناکا ئەوان زۆرتر بێ شەرمی دەرئەبڕنو گاڵتە ئەکەن بە دین • جا خودای تەعالایش بۆ قوڕبەدەمادانیان ئەفەرموێت :

★ (قُلْ : إِنَّ اللهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ) : ★

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە : خودای تەعالا خواستی وابێ هەر کەسێ گومڕا بکا گومڕای ئەکا لەسەر عەنادو نالەباری خۆی •

★ (وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ) (٢٧) ★

وە شارەزایش ئەکا بۆ لای خۆی هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆ لای‌و رووی تێ بکا •

★ (الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللهِ) ★

ئەو کەسانە کە روویان کردە خودا کەسانێکن کە ئیمانیان هێناودو کردەوەی چاکەیان لە واجیبات‌و مەندووبات کردوەو دڵیان دائەمەزرێ بە یادی خودا بە دڵ‌و بە زیکری بە زمان •

★ (أَلَا بِذِكْرِ اللهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) (٢٨) ★

بێدارەوەبن ! کە هەر بە زیکری خودا دڵ دائەمەزرێ نەك بە مادەو شانی دنیاو خەزێنەی پووڵو پارە ، بەڵکو هەموو ئەمانە هـەر مایـەی دەردیسەرین بۆ کەم کەس نەبێ •

★ (الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ طوبى لَهُمْ وحُسْنُ مَآبٍ) (٢٩) ★

ئەو کەسانە کە ئیسانیان هێناوە بە دینی ئیسلامو کردەوەی چاکەیان کردوە خۆشی نەبڕاوە هەر بۆ ئەوانەو جوانیماڵو پیرۆزی ئەنجامیش • بازێ فەرموویانە : (طوبى) دارێکە لە بەهەشتا کە ئەهلی بەهەشت بۆ خۆشی ئەڕۆن لە ژێریا دائەنیشن •

★ (كذلِكَ أرْسَلْناكَ في اُمَّةٍ قَـدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهـا اُمَمٌ لِتَتْلُوَ عَلَيْهِمُ الَّذي أوْحَيْنا إلَيْكَ) ★

بە وێنەی ناردنی رەهبەرانی پێشوو بۆ ئیرشادی ئادەمیزاد تۆمان رەوانە کردوە لـە ناو ئوممەتێکدا کـە چەن ئوممەت لـە پێش ئـەوانا رابوردوون وە هـەموویان تەبلیغاتی خودایان بـە حـەق وەرگرتوە . بۆ ئەوەیشمان رەوانە کردووی کە بخوێنیتەوە بەسەریانا ئەو قورئانە کە بە وەحی رەوانەمان کردوە بۆ لای تۆ •

★ (وهُمْ يَكْفُرونَ بِالرَّحْمنِ) ★

وە ئەم ئوممەتە لەگەڵ ئەوەدا کە حەقیان وابوو ئیمان بێنن تا رزگار بین لە سزای خودا وە کوفر نەکەن هەتا بفەوتێن •• ئەڕۆن کوفر ئەکەن بە خودایێ کە زۆر میهرەبانو بە رەحمەتە •

★ (قُلْ : هُوَ رَبِّي . لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وإِلَيْهِ مَتَابِ) (٣٠) ★

تۆ بڵێ . ئەی خۆشەویست ، : ئەو خودایە کە ئێوە باوەڕی پێ ناکەن پەروەردگاری منەو لە وجوودا خودایە نیە ئەو نەبێ ، هەر لەسەر ئەو تەوەکول‌و ئیعتیماد ئەکەم‌و هەر بۆ لای ئەو ئەبێ گەڕانەوەی من .

★ (وَلَوْ أَنَّ قُرْآناً سُيِّرَتْ بِهِ الجِبالُ ، أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ . أَوْ كُلِّمَ بِهِ المَوْتى) ★

ئەو کافرانە داوای قورئانێ ئەکەن کاتێ خوێنرایەوە کێوەکان بکەونە هاتوچۆو دوور بکەونەوە لە جێگەی خۆیان ، یاخود بەسەر هەر پارچە عەرزێکی بەرزا خوێنرایەوە پارچە پارچە لە یەك بپچڕێ‌و تەخت ببێ ، یا بەسەر هەر قەبرێکی کۆندا خوێنرایەوە مردووی قەبرەکە زیندووببێتەوەو قسەی لەگەڵدا بکرێ ! ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە : ئەگەر ئێمە قورئانێکی وەهایش بنێرین وەکو ئێوە داوا ئەکەن هێشتا ئیمان نایەنن ؛ چونکی ئەم جۆرە داواکردنە لە رەغبەتی ئیمانەوە نیە ؛ بەڵکو لە عەنادو گاڵتەکردنەوەیە ، دڵێکیش وەها بێ بە هیچ ئاوێ تینوێتی ناشکێ ، ئەنا ئێمە کە ئەوانە نەکەین لەبەر ئەوە نیە ناتوانین .

★ (بَلْ لِلّهِ الأَمْرُ جَمِيعاً) ★

بەڵکو هەر ڕووداوێکی سەلبی‌و ئیجابی‌و عەرزی‌و ئاسمانی‌و مادی‌و مەعنەوی هەیە هەر بۆ زاتی خودایە سەرپاك‌و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ .

★ (أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشاءُ اللهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعاً ؟) ★

ئایا موسوڵمانه‌كانو ئه‌وانه كه ئیمانیان هێناوه به دینی ئیسلام بێ هیوا نه‌بوون لـه ئیمانی ئه‌م كافره موعانیدانه هێشتا پاش ئـه‌م هه‌موو دوژمنایه‌تیه‌یان له‌گه‌ڵ دینه‌كه‌یانا ؟ وه ئیمان نه‌هێنانی ئه‌وانه‌یش بـه هۆی ئه‌وه‌وه‌یه كه ئه‌گه‌ر خودا خواست بكا هیدایه‌تی هه‌موو ئاده‌میزاد ئه‌دا . به‌ڵام نیسبه‌ت به‌وان ئـه‌و خواسته‌ی نیـه ؛ چونكی لـه یاسای خودادا ده‌ركه‌وتوه خـودا ئیمـانی ئینسانی موعانیدی نـه‌یار بۆ راسـتی ناداو نه‌یداوه .

★ (ولا يَزالُ الَّذينَ كَفَروا تُصيبُهُمْ بِما صَنَعُوا قارِعَةٌ أوْ تَحُلُّ قَريباً مِنْ دارِهِمْ حَتَّى يَأتِيَ وَعْدُ اللهِ . إنَّ اللهَ لا يُخْلِفُ المِيعادَ) (٣١) ★

وه ئه‌م كافرانه كه ئیمان نایه‌نن به قورئان به هێمنیو به خۆشی ده‌وام ناكه‌ن ، وه به ده‌وام ئه‌و كافرانه به هۆی ئه‌و كارو پیشه نامه‌ردانه‌یانه‌وه كه بوه به هۆی قاری خودای ته‌عالا له‌وان یا مسیبه‌تو به‌ڵایه‌كیان پێ ئه‌گا كه بیانكوتێته‌وه‌و ته‌دمیریان بكا وه‌كو ئه‌و لێدانه‌ی كه له رۆژی به‌درا لێی دان ، یا مسیبه‌ت نازڵ ئه‌بێ بۆ شوێنێ كه نزیكی ماڵی ئه‌وانه ؛ چونكی عه‌شره‌ت به به‌ڵای هاوعه‌شره‌تی خۆی په‌رێشان ئه‌بێ ، وه ئه‌م حاڵه له سه‌ریان ده‌وام ئه‌كا هـه‌تا وه‌عده‌ی خودا به مردنیان دێتـه جێ . ئه‌وسا جه‌زای خۆیان به ته‌واوی ئه‌بینن ؛ چونكی خودا ئه‌و وه‌عده‌ی داویه‌تی به هه‌ر كه‌سێو هه‌ر تائیفه‌یێ نایشكێنێ .

★ (ولَقَدِ اسْتُهزِئَ بِرُسُلٍ مِنْ قَبْلِكَ فَأمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ثُمَّ أخَذْتُهُمْ ، فَكَيْفَ كانَ عِقابٌ ؟) (٣٢) ★

ئەم گاڵتەکردنە هەر بە تۆ نەبوە ئەی خۆشەویست بەڵکو بە راستی گاڵتە کرا لە لایەنی کافرەکانەوە بە چەن پێغەمەر لە پێش زەمانی تۆدا • جا ماوەیێ مۆڵەتی ئەو کافرانەم دا وەکو یاسای خۆمە لە موڵەتدانا ، جا ئەمجار ئەوانم گرت بە عیقابو تۆڵەی ناصەواب •

★ (افَمَنْ هُوَ قَائِمٌ علی كُلِّ نَفْسٍ بِما كَسَبَتْ ؟!) ★

ئایا زاتێکی زانای تەوانای وەها کە ئاگاداربێو راوەستا بێ بەسەر هەموو کەسێکدا بـە کەمو زۆری ئەو ئیشەی کردوویەتی وەکوو دارو بەردێکی بێ گیانی بێ نرخە کە ئاگای لە خۆی نیە ؟!

★ (وجَعَلُوا لِلّهِ شُرَكاءَ) : ★

وە ئەم کافرانە ئەوەندە نەفامو بێ شوعوورن هاتوون بەرابەر بەو خودایە چەن هاوڕێیکیان بڕیار داوە لەو بێگیانە بێ نرخانە •

★ (قُلْ : سَمُّوهُمْ ! أمْ تُنَبِّئُونَهُ بِما لا يَعْلَمُ فِي الاَرْضِ أمْ بِظَاهِرٍ مِنَ الْقَوْلِ ؟) ★

ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە هاوڕێیان بڕیار داوە بۆ خودا : ئەگەر ئەوانە شتێکن قابیلی ناوبردنن ناویان بۆ دابێنو ناویان بنێن بـە ناوێ کە موافیقی حاڵیان بێ ! مادام ئەمەتان بۆ ناکرێت پێم بڵێن : لەم شەریكقەراردانەدا ئێوە چ کارەن ؟ وا ئەزانن کە خودا ئاگادار نیەو نازانێ بەوەی وا لە عەرزا لەبەر ئەوە بە درۆ ئێوە ئەمانەتان داناوە ، یا ئەزانن بەوە کە خودا عالمە بەڵام هەر ئەتانەوێ بە واتەیەکی سەرزارەکی بـە بێ حەقیقەت ناویان بەن ؟

لە واقیعدا ئەم تەقسیمە لێرەدا زۆر ڕەسایە . چونکی هەرکەسێ داوای حەقیقەتێ بکا یا راست ئەڵێ ئـەو حەقیقەتە هەیە ئـەوە پێویستە ئەگەر کونهی نەزانێ لەلای کەمی ناوو نیشانێکی بزانێو ناوی راستەقینەی بۆ دانێ ، وە ئەگەر ئەو حەقیقەتە بە واقیعی نەزانێ یا ئەبێ هۆشیارانی ئەو شوێنە بـە نەزان دابنێو موغالەطەیان لەگەڵ بکا ، یا ئەگەر بـە زانایان دائەنێ بڵێت مەبەسم لـەم شـتە بێ حەقیقەتە هـەر ناوبردنێکی دەمیـەو رابواردنی کاتە •

★ (بَلْ زُيِّنَ لِلَّـذِينَ كَفَـرُوا مَكْـرُهُمْ وصُـدُّوا عَـنِ السَّبِيلِ) ★

نە ، نە ؛ ئەمانە لەسەر ئەوە نین کە وەکوو هۆشیاران مەعبوودێکی راستیان دانابێ . ئەوەندە هەیە جوان کراوە بۆ ئەو کافرانە ئەو فڕو فێڵە کـە پێشینانەکانیان بۆیان دامەزراندوون ، وە بـە هۆی ئـەو دامەزرانی ئەوانەوەو تەقلیدکردنی کوێرانەی ئەمان لـە ڕێگەی راست لادراون بـە نەوعێ وەکوو مەنع کرابن لە حەق نایێنەوە سەری •

★ (ومَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ هادٍ) (٣٣) ★

ئەم کافرانە لەبەر بەدبەختیو سەرسەختی خودا قاری لێ گرتوونو گومڕای کردوون ، وە کەسێکیش خـودا گومڕای بکـا بۆ ئـەو کەسە ڕێگەنیشاندەر نیە •

★ (لَهُمْ عَذابٌ في الْحَياةِ الدُّنْيا ولَعَذابُ الآخِرَةِ أشَـقُّ ، ومَا لَهُمْ مِنْ اللهِ مِنْ وَاقٍ) (٣٤) ★

ئەمانە بۆیان هەیە سزایێ لە ژیانی دنیادا بە کوشتنو بریندار بوون

وە ناساغیو ناباری ژیان ، وە بە راستی سزای قیامەتیان زۆر گرانترە . وە هیچ پارێزەریان نیە لە لای خوداوە .

★ (مَثَلُ الجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ المُتَّقُونَ : تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الاَنْهارُ . اُكُلُهَا دائِمٌ وظِلُّهَا ، تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَوْا وعُقْبَى الكافِرِينَ النَّارُ) (٣٥) ★

سیفەتی ئەو بەهەشتە کە وەعدەی پێدراوە لـە لایەنی خوداوە بۆ ئەوانە کە خۆیان ئەپارێزن لە کاری ناشەرعی ئەمەیە کە بۆتان باس ئەکەم بەمە کە ئەڵێم : جۆبارانی جوان لە ژێریانەوە رەوان ئەبێ ، وە میوەی خواردەمەنی لەو بەهەشتەدا هەیە بەدەوامو سێبەریشی هەروا بەردەوامە ، جا ئەو بەهەشتە کە ئێستە باسمان کرد ئەنجامی ژیانی ئەهلی تەقوایە ، وە ئەنجامی ژیانی کافرەکانیش ئاگری دۆزەخە .

★ (والَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الكِتَابَ يَفْرَحُونَ بِما اُنْزِلَ إِلَيْكَ) ★

ئـەو کەسانە کـە موسوڵمان بوون لەوانەی کتێبمان پێداون وەکو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو هاوڕێکانی وە ئەو نەصارایە کە هەشتا کەس بوون : لە حەبەشستانا سیو دوو ، وە لـە یەمەندا هەشتو ، لـە نەجرانا چل . ئەمانە کەیفیان خۆش ئەبێ بەو ئایەتانە کە نازڵئەکرێن بۆ لای تۆ چونکی ئەبوون بە هۆی دامەزراندنی دینەکەت .

★ (ومِنَ الاَحْزابِ مَنْ يُنْكِرُ بَعْضَهُ) ★

وە لەو کۆمەڵە کیتابیانەیشە کە دەستە پێکەوە ئەتێن لە دژی تۆ بۆ دوژمنایەتی تۆ .. کەسانێ کە ئینکاری بەعزێ لەوە ئەکەن دێتە خوارەوە

بۆ لات . وەکوو ئـەو ئایەتانە کـە موخالیفی دینو ئایینی ئـەوانە ود یا موافیقە بۆ ئەوەی کە ئەوان لایان بردوە لە کیتابی خۆیان •

★ (قُلْ : إنَّما اُمِرْتُ أنْ أعْبُدَ اللهَ ولاَ اُشْرِكَ بِهِ) ★

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ : من هەر ئەوەم ئەمر پێکراوە کە بەندەیی بۆ خودا بکەمو لە بەندەییدا هاوڕێی بۆ بڕیار نەدەم • وە ئەم ئەندازە هەموو پێغەمەرەکانی دنیا هاتوون بۆ خزمەتکردنی ، ئیتر ئێوە بازە مادەیێ لە ئەحکام کە موخالیفی دینی ئێوە بێ پێی رازی بن یا رازی نەبن قیمەتی نیە لـە لای من زۆربەی بایەخدانم بـە ئوصووڵی تەوحیدو ئیخلاصکردنە لە بەندەییدا •

★ (إلَيْهِ أدْعو وإلَيْهِ مآبِ) (٣٦) ★

من هـەر بۆ لای خـودای هۆشـیاران بانگ ئەکـەم ، وە هـەر گەڕانەوەیشم بۆ لای ئەوە لە رۆژی قیامەتا •

★ (وكَذلِكَ أنزَلْناهُ حُكْماً عَرَبِيّاً) ★

هـەر بـەو نازڵکردنەی کە ئوصووڵو یاسای دین داگیر بکا ئـەم قورئانەمان نازڵ کردوە کە حاڵی وایە فەرمانێکە کەشفی قەزایای عالەمی ئـەکا لـە عەقیدەو بیرو باوەڕو کردەوەی چاك ، وە بـە زمانی عـەرەب ناردوومانە ؛ چونکی زمانی تۆو زمانی قەومەکەت عەرەبیە ، ئەنا لە یاسای دینا عامە بۆ هەموو ئوممەتێ لە هەر شوێنێکدا بنو بە هەر زمانێ قسە بکـەن •

★ (ولئِنِ اتَّبَعْتَ أهْواءَهُمْ بَعْدَ ما جاءَكَ مِنَ العِلْمِ ما لَكَ مِنَ اللهِ مِنْ وَلِيٍّ ولا وَاقٍ) (٣٧) ★

وە بە راستی ئەگەر تۆ بکەویتە شوێن ئارەزووی گاورو جوولەکە کە تەقریری دینی ئەوانەو رووکردنە لە قیبلەکەیان ، وە یا ئارەزووی کافرە موشریکەکان بەم جۆرە ئەوان چی داوا ئەکەن تۆیش داوای بکەی لە خودا بۆیان بکا ئەوە لەم کاتەدا لە لای خوداوە نە دۆستو نە پارێزەرت ئەبێ •

★ (ولَقَدْ ارْسَلْنا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وجَعَلْنا لَهُمْ أزْواجاً وذُرِّيَّةً ومَا كانَ لِرَسولٍ أنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إلاَّ بِإِذْنِ اللهِ لِكُلِّ أجَلٍ كِتَابٌ) (٣٨) ★

بە راستی لە پێش زەمانی تۆدا چەن پێغەمەرمان ناردوەو هێشتوومانەوە لەناو قەومەکەیانا وە ژنو منداڵمان پێداونو رەوا نەبوە بۆ هیچ یەکێ لەو پێغەمەرانە کە ئایەتێ بێنێ لەو ئایاتو موعجیزاتە کافرەکان داوایان کردوە مەگەر بە ئیزنی خودا ، هەر ئایەتێ خواستی لەسەر بووبێ ناردوویەتی وە هەر ئایەتێ خواستی لەسەر نەبووبێ نەیناردوەو تۆیش پێویستە لەسەر رێگەی ئەوان بی وە چاوەڕێی ئایات نەکەی مەگەر خودا خۆی بیانێرێ وە بۆ هەر ماوەو کاتێ کیتابێ هەیە لە لای خوداوە ، وە هەر کتێبێ دەستوورو یاسایەکی بوەو ئەو یاسایە بە کاری ئەو کاتو رۆژە هاتوە •

★ (يَمْحُوا اللهُ مَا يَشاءُ ويُثْبِتُ وعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ) (٣٩) ★

خودا بە خواستی خۆیەتی هەر کیتابێ ویستی لای بباو عەمەلی پێ نەکرێ لای ئەباو نەسخی ئەکاتەوە بە کتێبێکی تر وەکو چۆن دینی نوحی بە دینی ئیراهیم نەسخ کردەوەو ، دینی ئیبراهیمی بە تەوراتو ، تەورات

به ئینجیل‌و . ئینجیل به قورئان . وه هه‌ر کتێبێ خواستی وابێ ده‌وامی پێ بدا ده‌وامی پێ ئه‌دا وه‌کوو چۆن قورئانی کردوه به خاوه‌ن ده‌وام تا رۆژی قیامه‌ت • ئـه‌مه بـه نیسبه‌تی ره‌فتاری ئومسه‌ته‌کانه‌وه . وه بـه نیسبه‌تی خودایش خۆیه‌وه دایکی هه‌موو کتێبه‌کانی لایه که ناوی (لوح المحفوظ)ه‌و هه‌موو کتێبه‌کان له ناویا نووسراون ، وه هیچ کام له‌وانه نافه‌وتێن •

یاخود ئه‌م کافرانه حه‌سوودی ئه‌به‌ن بـه تۆ کـه وه‌ها بوویت بـه ره‌هبه‌ری عام‌و خاوه‌ن پایه‌و مه‌قام ، وه نازانن خودای ته‌عالا به خواستی خۆی هه‌رچی ئاره‌زوو بکا له ئه‌وزاعی جیهان لای‌ئه‌باو شتێکی تر دێنێته جێ‌ی ، شه‌و ئه‌گۆرێ به رۆژ . گرانی ئه‌گۆرێ به هه‌رزانی . بشێوه ئه‌گۆرێ به ئارامی ، نه‌خۆشی ئه‌گۆرێ به ساغی . بێ پایه بڵند ئه‌کاته‌وه ، نه‌زان ئه‌کا به زانا . ناته‌وان ئه‌کا به ته‌وانا ، ئینسانی گوناهبار ئه‌کا بـه ئینسانێکی پاك‌و رووی هه‌ڵئه‌سوورێنێ بۆ بیرو باوه‌ری جوان‌و کرده‌وه‌ی په‌سه‌ند ••• وه ئه‌مانه هه‌موو یه‌که یه‌که له له‌وحی مه‌حفووزدا نووسراون ، وه ئه‌سبابی مه‌حوی پێشوو وه داهاتنی دوایی له‌گه‌ڵ هۆکانیانا نووسراون ، وه له لای خودایش زانستی ئه‌زه‌لی هه‌یه‌و هیچ که‌م‌و زۆر ناگۆرێ کـه ناوی (ام الکتاب)ه •

★ (وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ) ★

وه تۆ موبالات به وه‌زعی ئه‌و کافرانه مه‌که ، وه‌ها ده‌وام ناکه‌ن ، وه ئه‌و عوقووبه‌تانه بریارم داوه دێت به‌سه‌ریانا . جا یا بازێ له‌و ده‌ردانه واده‌م پێداون ئه‌ی‌خه‌ینه به‌رچاوت‌و له ماوه‌ی ژیانی خۆتا ئه‌یبینی ، وه یاخود رۆحی تۆ وه‌رئه‌گرین له پێش ئه‌و کاره‌ساتانه‌دا ، تۆ هیچ عه‌لاقه‌ت نیه به‌وانه‌وه •

★ (فإِنَّمَا عَلَيْكَ البَلاغُ وعَلَيْنَا الحِسَابُ) (٤٠) ★

ئەوەی لەسەر تۆ بێ هەر گەیاندنی فەرمانی خودایە ، وە لەسەر ئێمە حسێبی ئەکافرانەیە لە رۆژی قیامەتا •

★ (أوَلَمْ يَرَوْا أنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنْقُصُهَا مِنْ أطْرافِها ؟) ★

ئایا ئەو کافرانە بە چاوی خۆیان نابینن کە ئێمە عەرزی کافرەکان کەم ئەکەینەوە لە هەموو لایەکەوەو ئەیکەین بە زەوی موسوڵمان بۆچی ئەم کارەساتانە ناکەن بە دەلیل لەسەر ناجیحبوونی دینی ئیسلام ؟

★ (واللهُ يَحْكُمُ لا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وهُوَ سَرِيعُ الحِسَابِ) (٤١) ★

خودا قەزای خۆی بەجێ دێنێو کەسێ مەنعی ناکاو موراقیبو مانیع بۆحوکمی ئەو نیە وە لەگەڵ ئەمەیشا بە تالووکە حسێبی کافرەکان ئەکا لە رۆژی خۆیا •

★ (وقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ المَكْرُ جَمِيعاً) ★

بە راستی کافرەکانی پێشوو گەلێ فرو فێڵیان لە پێغەمەرەکان کرد ، بەڵام هێزی هەموو کارێ لە فرو فێڵی ئەوان بۆ خودایەو وا لە دەستی ئەوا ، وە بە بێ ئیزنی خودا کارێکیان پێ نەکرا ، وە هەر کارێکیش ئەوان کردبێتیان بە رەهبەرەکان لەسەر حیکمەتێکی خودا بو •

★ (يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ) ★

خودا ئەزانێ بەوەی هەر نەفسێ کەسبی ئەکاو لە عیلمی خودا دەرناچێ •

★ (وسيَعلَمُ الْكُفّارُ لِمَنْ عُقْبى الدّارِ) (٤٢) ★

وە لە پاشەڕۆژی نزیکدا کافرەکان حالی ئەبن ئەنجامی باش‌و ماواو مەنزلی بە حورمەت بۆ کێ ئەبێ •

★ (ويقولُ الّذِينَ كَفَروا : لَسْتَ مُرْسَلاً ! قُلْ : كَفَى بِاللهِ شَهِيداً بَيْنِي وبَيْنَكُمْ ومَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتابِ) (٤٣) ★

ئــەو کەسانە کافرن ئەوەندە بێ شوعوورو تێنەگەیشتوون لەگــەڵ ئــەم هــەموو بەرزەوەبوونی تۆداو بڵاوکردنەوەی دینــەداو زۆربوونی موسوڵمانانەدا •• ئەڵێن : تۆ لای خوداوە نەنێرراوی ! بەس ئینسانێکی هەڵکەوتووی‌و کۆمەڵت لێ‌گردبوونەتەوە • جـا تۆ ، ئــەی پێغــەمەری خۆشەویست . بفەرموو : بەســە خودای زانا بــە شایەت لەســەر پایەی ریسالەتی من بۆ شایەتی‌دان‌و فەسڵی ئەم حوکمە لە بەینی من‌و ئێوەدا ، وە ئەو کەسانەیش کە ئەزانن بەوەی نازڵ بوە لە کتێبەکانی عیساو موسادا ـدـ ئەوانیش هەن بۆ شایەتی‌و بۆ تەئکیدی حەق لە ریسالەتی مندا •

سوورەتی ئیبراهیم
٥٢ ئایەتە مەدەنی‌یە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

★ (الر كِتابٌ أنزَلْناهُ إلَيْكَ) ★

ئەو سوورەتە کە بە (الر) ناوبراوە کتێبێکە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ لای تۆ •

★ (لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إلى النُّورِ) ★

هەتا بەو کتێبە ئادەمیزاد دەربکەی لە تاریکستانی بیرو باوەڕی ناپەسەندو کردەوەی ناشیرین‌و خوو رەوشتی ناهەموار بۆ لای رووناکی عەقیدەو باوەڕی باش‌و کردەوەی شیرین‌و خوو رەوشتێ کە شیاوی ئاوەدانی هۆشیار بێ •

★ (بإذْنِ رَبِّهِمْ إلى صِراطِ العَزِيزِ الحَمِيدِ) (١) ★

ئەم تەئسیری تەمیەو ئەم دەرکردنی عالەمە لە نەزانینەوە بۆ زانست‌و لە خراپەوە بۆ چاکە هەر بە تەوفیق‌و یارمەتی پەروەردگاری ئەوانە ، ئەو نوورەیش کە ئەوانی بۆ ئەبەی رێگەی خودایەکە عەزیزەو غاڵب‌و زاڵە بەسەر هەر شتێکدا خواستی لێی بێ‌و سوپاس‌و ثەنای ئەکرێ لەسەر هەموو کردەوەیێ ئەیکات •

★ (اللهِ الَّذِي لَهُ ما في السَّماواتِ ومَا في الاَرْضِ) ★

وە ئەو پەروەردگارە خودایەکە ناوی ئەڵڵایەو لە بۆ ئەوە بە موڵك‌و تەسەڕوف هەرچی و! لە عالەمی باڵاو عالەمی نەوی لە ئەعیان‌و ئەعرازو لە زات‌و سیفات •

★ (وَوَيْلٌ لِلكافِرِينَ مِنْ عذَابٍ شَدِيدٍ) (٢) ★

جا مادام خودا ئەوەندە خاوەن دەستەڵات‌و بەرزە هاوار بۆ ئەوانە کە باوەڕیان نیە بە بوونی ئەو خودایەو بە تەسەڕوفی لە هەموو عالەما لەو سزا سەختە کە ئەوان پێی گیرۆدە ئەبن •

★ (الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الحيَاةَ الدُّنْيا عَلى الآخِرَةِ ، وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجاً اولئِكَ في ضَلالٍ بَعِيدٍ) (٣) ★

ئەو کەسانە کە ئیختیاری ژیانی دنیا ئەکەن بەسەر ژیانی دواییدا بەم نەوعە ئەڵێن : ژیان هەر ژیانی دنیایەو ژیانی پاشەڕۆژ نیە ، واتە باوەڕیان بە زیندوبوونەوەی رۆژی قیامەت نیە ، وە زیاد لەمە مەنعی ئادەمیزادیش ئەکەن لە رۆیشتن بە رێگەی خوداییدا کە دینی ئیسلامەو بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لەو رێگەیە بە لارو نابارو ناهەموار نیشانی ئەدەن ئەم جۆرە کەسانە وان لە گومڕاهیەکی دوورا •

★ (وما أرْسَلْنا مِنْ رَسولٍ إلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللهُ مَنْ يَشَاءُ ويَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٤) ★

کاتێ خودا لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە فەرمووی : ئەم کتێبەمان نازڵ کردوە بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە دەریان بکەی لە تاریکی بۆ رووناکی ••

لەم ئایەتەدا هات ئەو نیعمەتەی تەواو کرد بەوە کە وەکوو کتێبەکەمان بۆ ناردی بە زمانی قەومەکەیشتمان رەوانە کردوە وەکو پێغەمەرە پێشوەکان لەبەر ئـەوە کـە قەومەکەت بـە ئاسانی لـە کتێبەکەت حاڵی ببن ، جـا ئەفەرموێت : ئێمە هیچ پێغەمەرێکمان نەناردوە بە زمانی قەومەکەی خۆی نەبێ بۆ ئەوە بە ئاسانی بەیانی مەقسوودو حەقیقەتی دینەکەیان بۆ بکا ، جا ئەوسا خودای تەعالا لەسەر گومڕاکردنی هەرکەسێ ببێ گومڕای ئەکاو لەسەر هیدایەتدانی هەرکەسێ ببێ هیدایەتی ئەدا ، وە بە دەلیلی گەلێ ئایەت لـەم مەوزووعەدا خودا هەر خاوەن عینادەکان گومڕا ئەکا ، وە هەرکەسێ مەیلی گەڕانەوەی لای خودای ببێ هیدایەتی ئەدا ، وە خودا خاوەن عیزەتو خاوەن حیکمەتە •

★ (ولَقَدْ ارْسَلْنا مُوسى بِآيَاتِنـا : أنْ أخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُماتِ إلى النُّورِ ، وذَكِّرْهُمْ بِأيَّامِ اللهِ إنَّ في ذلِكَ لَآياتٍ لِكُلِّ صبَّارٍ شَكُورٍ) (٥) ★

بـە راستی ئێمـە موسامان نارد بـە سیفەتی ریسالەتو پێغەمەری پێمان وت : قەومەکەی خۆت دەربکە لە تاریکستانی نەزانیو عیبادەتی بتەکانی زەمانی فیرعەون بۆ لای رووناکی تەوحیدو خودا بەیەکدانان ، لەگەڵ چـەن ئایـەتدا ، وەکـو : دەسـتی رووناکی چراوێنەو ، عاسـای جادووخۆرو ، باقی موعجیزات ، وە ئـەو رۆژانە کـە خودای تەعـالا بۆ یارمەتی پێغەمەران ئوممەتەکانی فەوتاند ، بە راستی هەیە لە یادئاوەری سەرگوزەشتەی گـەلە ستەمکارەکاندا چـەن دەلیل لەسەر ئـەوە خـودا یارمەتی حەق ئەداو ئـەم دەلیلانە بۆ ئـەو کەسانەیە خۆگرنو سوپاسی خودا ئەکەن •

★ (وإِذْ قالَ مُوسى لِقَوْمِهِ : اذْكُروا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنْجاكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسومُونَكُمْ سُوءَ العَذابِ ، ويُذَبِّحُونَ أَبْناءَكُمْ ويَسْتَحْيُونَ نِساءَكُمْ وفي ذلِكُمْ بَلاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظِيمٌ) (٦) ★

وە باسی ئەوە بکە کە موسا فەرمووی بە قەومەکەی : یادی نیعمەتی خودا بکە لەسەرتان لەبەر ئەوە رزگاری کردن لە دەستەو بەستەی ستەمکاری فیرعەون کە رەفتاریان ئەکرد لەگەڵ ئێوەدا بە سزاداتان بە سزایەکی ناشیرینو جگەرسووتێن ؛ وە نێرینەکاتتانیان سەرئەبڕیو مێینیەکاتتانیان بە زیندوویی ئەهێشتەوەو لەم موعامەلە ناهەموارەدا ئیمتیحانێکی زۆر گەورە هەبو بۆ ئێوە •

★ (وإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ ولَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذابِي لَشَدِيدٌ) (٧) ★

وە باسی ئەوە بکەن کە خودا ئیعلانی کردوە بە وەحی بۆ لای من ئەگەر ئێوە سوپاسی ئەو نیعمەتانی خودایە بکەن نیعمەتو مایەتان بۆ زیاد ئەکا ، وە ئەگەر ئێوە کوفری نیعمەتەکانی بکەن جا بە راستی سزای ئێمە سەخت ئەبێ لەسەرتان •

★ (وقالَ موسى : إِنْ تَكْفُروا أَنْتُمْ ومَنْ في الأَرْضِ جَمِيعاً فَإِنَّ اللهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ) (٨) ★

وە موسا فەرمووی : ئەم ئامۆژگارییانەی ئێوە کە ئەکرێ لە لایەنی خوداوە لەبەر قازانجی خۆتانەو عائیدی خودا نیە ؛ چونکی خودا بێ باکە لە ئەهلی عالەمو ئەگەر ئێوەو هەموو ئەهلی عەرز سەرانسەر کوفری خودا

بکەن‌و دان نەنێن بـە بوونی خودادا خودای تەعالا بێ‌نیازەو بێ باکـەو سوپاس‌و ستایشی بۆ ئەکرێ لە فریشتەکانەوەو لە عەینی حالا لە ستایشی فریشتەکانیش هەر بێ باکە ●

★ (أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ : قَوْمِ نوحٍ وعادٍ وثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لا يَعْلَمُهُمْ إلاَّ اللهُ) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرمو بەو کافرانە : ئایا ئەخباری ئەو قەومانە کە لە پێش ئێوەدا بوون نەگەیشتوە بە ئێوە ؟ یانی قەومی نوح‌و قەومی هود کە نەتەوەی عاد بوون‌و ، قەومی صالح کە نەتەوەی ثەمود بوون . وە ئەخباری ئەو قەومانەیش کە لە پاش ئەوان بوون وە ئەوەندە زۆر بوون کە خودا نەبێ کەس نایانزانێ ●

★ (جاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ) ★

کە ئەم قەومانە پێغەمەرەکانیان هاتن بۆ لایان‌و چەن موعجیزەیان بۆ هێنان کەچی ئەوان لـە قین‌و قاردا دەستی خۆیان ئەبرد بۆ ناو دەمیان‌و ئەیانگەزت بەرابەر بەو پێغەمەرانە ●

★ (وقالُوا : إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ وإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ) (٩) ★

وە ئـەو قەومە نامەردانە وتیان بـە پێغەمەرەکان : ئێمـە کافرو بێ باوەڕین بەو دینە کە ئێوە پێی ڕەوانەکراون ، وە ئێمە بە ڕاستی واین لە دوودلی‌و گومانا لەو ئایینەدا کە ئێمەی بۆ بانگ ئەکەن بە دوودڵییەکی دڵ نارەحەتکەر ●

★ (قالَتْ : رُسُلُهُمْ أفي اللهِ شَكٌّ ؟! فاطِرِ السَّماوَاتِ والأَرْضِ يَدْعوكُمْ لِيَغْفِرَ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ ويُؤَخِّرَكُمْ إلى أجَلٍ مُسَمّىً) ★

جا پێغەمەرەکانیش فەرموویان بە قەومەکانیان : ئایا گومانو دوودڵی هەیە لە وجوودی خودایەکدا کە خالیقی ئاسمانەکانو عەرزەو ئەویش بانگتان ئەکا بۆ ئەوە کە تاوانتان ببەخشێ وە ئەو نافەرمانیانە کە وان لە بەینی خۆتانو خودادا عەفوی بکاو ماوەی ژیانو خۆشیتان دوا بخات هەتا وادەیەکی دیاریکراو ، واتە لە عومرتان زیاد بکاو بە شێوەیەکی جوانیش بتانژێنێ •

★ (قالوا : إنْ أنْتُمْ إلاّ بَشَرٌ مِثْلُنا تُرِيدونَ أنْ تَصُدّونا عَمّا كانَ يَعْبُدُ آباؤُنا : فأْتونا بِسُلْطانٍ مُبِينٍ) (١٠) ★

ئەو قەومە بێ شوعوورانەیش لە باتی وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمەرەکان وتیان پێیان : بەس قسە بکەن ! ئێوە هیچ نین ئەوە نەبێ کە ئادەمیزادێکی وەکو ئێمە بێ کەمو زیاد ، وە ئەتانەوێ ئێمە مەنع بکەن لە عیبادەتکردن بۆ ئەو بتانە کە باوکو باپیرەی ئێمە عیبادەتیان بۆ کردوون ، ئەنا ئەگەر راست ئەڵێن ئێوە لە پێغەمەرانی خودان دە بێن بۆ لامان بە دەلیلێکی رووناکو ئاشکرا لەسەر پێغەمەرایەتی خۆتان ، وە ئەو دەلیلانە لەو ئەشیا مادییاتە بێ کە هەموو کەسێ قەناعەتی پێ بکا • (سبحان الله !) قەومی ثەموود ئەگەر قەناعەت بە وشترێ نەکا لە بەرد بێتەدەرەوە لە بەرچاویانا ئەبێ ئیتر چ موعجیزەیەکی تریان بۆ بێنێ ؟!

★ (قالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ : إنْ نَحْنُ إلاّ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ، ولكِنَّ اللهَ يَمُنُّ على مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِهِ) ★

جا پێغەمەرەکان لە وەڵامی قسەی ئەوانا فەرموویان : راست ئەڵێن ، ئێمە ئادەمیزادێکی وەکو ئێوەین لەسەر صوورەتو عادەتی ئادەمیزادا بەڵام ئەمە نابێ بە مانیعی ئەوە کە ئێمە ببین بە پێغەمەر ؛ چونکی خودای تەعالا منەت ئەخاتە سەرشانی هەرکەسێ خواستی لێ ببێ لە بەندەکانی •

★ (وما كانَ لَنا أنْ نأتِيَكُمْ بِسُلْطانٍ إلاَّ بإِذْنِ اللهِ وعَلى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ المُؤْمِنونَ) (١١) ★

وە ئەو نەوعە موعجیزانەیش ئێوە داوای ئەکەن بە دەستی ئێمە نیە ، ئێمە مەجالی ئەوەمان نیە کە بێینو موعجیزەی زۆر گەورە بۆ ئێوە بێنین بە ئیزنی خودا نەبێ ، وە ئێمە هەر پشت بە خودا ئەبەستینو تەوەکولمان هەر لەسەر ئەوە لە دامەزراندنی دڵی خۆمانو هەر کەسێ بیەوێ دڵی رووناك بکاتەوە با هەر لەسەر خودا تەوەکول ببەستێو هەموو موسوڵمانان با پشت بە خودا ببەستن •

★ (وما لَنا ألاَّ نَتَوَكَّلَ على اللهِ وقَدْ هدانا سُبُلَنا ولَنَصبِرَنَّ على ما آذَيْتُمونَا ؟ وعَلى اللهِ فَلْيَتوكَّلِ المُتوَكِّلونَ) (١٢) ★

چیمان دەست ئەکەوێ لەوەدا کە تەوەکول نەکەین لەسەر خودای تەعالاو وەلحاڵ هیدایەتی داوین بۆ گەلێ رێگەی وا کە بیانکەین بە دەلیلی گەورەیی خوداو دڵمان پێی دابمەزرێ ؟ وە بە راستی ئێمە مادام رێگەی خوداناسیو رەزای ئەومان دەس کەوت ئیتر هەرچی بەسەرمانا بێت خۆمان ئەگرینو صەبر ئەکەین لەسەر هەر کارێ کە ئێوە ئازاری ئێمەی پێ بدەن ، وە با هەر لەسەر خودا تەوەکول بکەن ئەو کەسانەی کە خواستیان لەسەر تەوەکول بەستنە •

★ (وقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ : لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا !) ★

وە ئەو کافرانە وتیان ، بە بێ شەرمی ، بە پێغەمەرەکانیان (واتە هەر قەومێ بە پێغەمەری خۆی) : یا ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر میللەت‌و ئایینی ئێمە ، یا حەتمەن لەم ولاتی خۆمانە دەرتان ئەکەین ! جا لەو کاتی تەنگ‌و چەڵەمەدا •

★ (فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ) (١٣) ★

خودا وەحی کرد بۆ سەر پێغەمەرەکان کە بە تاقیق ئەو گەلە ستەمکارانە لەناو ئەبەین •

★ (وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِهِمْ) ★

وە بێ گومان ئێوە دائەمەزرێنم لە ولاتەکەدا پاش لەناوبردنی ئەوان •

★ (ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ) (١٤) ★

وە ئەم یاسا هەر بۆ ئەو پێغەمەرانە نیە بەڵکو بۆ هەر رەهبەرێکە کە بترسێ لە گەورەیی مەقامی من‌و بترسێ لە هەڕەشەکانم •

★ (وَاسْتَفْتَحُوا) ★

وە هەموو ئەو پێغەمەرانە داوای فەتح‌و کار گوشادییان کرد لە خودای میهرەبان •

★ (وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ) (١٥) ★

وە لە ئەنجامی ئەو پاڕانەوەدا نائومێد بوو رووی کردە شکان‌و

توانەوە هەموو ستەمکارێکی وا کە عەنادی لەگەڵ خوداو رەهبەرانا کرد •

★ (مِنْ ورائِهِ جَهَنَّمُ ويُسْقى مِنْ ماءٍ صديدٍ) (١٦) ★

وە بێجگە لـە فەوتانیان لـە دوای فەوتانی هەرکام لەوان دۆزەخ و سزادانەوە ئاوی پێ ئەدرێ لە ئاوی زرنچك ئاوی ئەهلی دۆزەخ • پەنا بە خودا !

★ (يَتَجَرَّعُهُ ولا يَكادُ يُسيغُهُ) ★

بە زۆر ئەیەوێ بیخواتەوەو لەوانە نیە گەوارابێ لە قورگیا •

★ (ويَأْتيهِ المَوْتُ مِنْ كُلِّ مَكانٍ) ★

وە حاڵیان لە دۆزەخدا ئەوەندە ناهەموار ئەبێ هەر کام لەوان لە هەموو لایەکەوە مردنیان بەسەردا ئەبارێ ، واتە ئازارو باری ناهەمواری وایان بەسەردا دێ ئەگەر لە دنیادا بوایە ئەبوون بە هۆی مردن ئەوەندە بە شیددەت و ئازاردارە •

★ (ومَا هُوَ بِمَيِّتٍ) ★

لەگەڵ ئەو هەموو سزاو ئازارو هاتنی هۆی مردنەدا ئەو نامرێ و مردوو نیە ؛ چونکی چەرخی مردن رابوردوە •

★ (ومِنْ وَرائِهِ عَذابٌ غَليظٌ) (١٧) ★

وە لە هەموو کاتێکی ناهەمواری وادا کە بەسەریانا دێ لە پاش ئەو حاڵە سزایەکی قورسترو نابارتر لە سزا پێشوەکەیان بۆ دێ !

★ (مَثَلُ الَّذينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ : أعْمالُهُمْ كَرَمادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ في يَوْمٍ عاصِفٍ) ★

سیفەت‌و حاڵی ئەو کەسانە کە کوفریان کردوە بە خودای خۆیان ئەمەیە کە ئەڵێم : کردەوەی چاکەی ئەوان وەکو خۆڵەمێشێ وایە کە با بە هێز هەڵی بگرێ لە رۆژی بای بەهێزا کە لە کاتی زستانا پێی ئەڵێن رۆژی وەیشومە وە لە کاتی هاوینا پێی ئەڵێن رۆژی گەردەلوول •

★ (لا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُوا عَلَى شَيْءٍ) ★

تەوانا نین لە رۆژی قیامەتا لە جەزای ئەو کردەوەدا کردوویانە لەسەر هیچ ئەندازەیێ کەم‌و زۆر ، چونکی بە هۆی ئەوەوە کە بیرو باوەڕیان وا بوە کە جەزا نیەو قیامەت نیە کردەوەکەیان زایە بوە •

★ (ذَلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ) (١٨) ★

جا ئەم گومڕاهی‌و بەدبەختیە بە راستی گومڕاهییەکی زۆر زۆر دوورە لە ڕێگەوە •

★ (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللهَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ؟) (١٩) ★

تۆ نابینی ، ئەی ئینسانی کافر ، هەرکەسێ هەی‌و هاوڕێکانیشت نابینن کە ئەو پەروەردگارە کە ناوی (الله)یە هەموو ئاسمانەکان‌و عەرزی دروست‌کردوە لە نەبوونەوە بە حیکمەت‌و لە بەر ریعایەتی راستی کەچی ئێوە لە راستی لائەدەن ؟ جا بزانن خودا وەکو عالەمی دروست‌کردوە دەستی بەسەر ئێوەیشا ئەڕوا ، ئەگەر خواستی هەبێ ئێوە لەناو ئەباو مەخلووقاتێکی تازە دێنێتە رووی کار ، ئەتوانێ هەمووتان بە بورکانێ ون بکا لە پاشا خەڵکێ تر بێن ولات ئاوەدان بکەنەوە ، یا ئەتوانێ دوژمنێ زاڵ بکا بەسەر ئێوەداو ئێوە دەربکاو خۆیان لە ولاتەکەدا دابنیشن •

★ (وما ذلِكَ على اللهِ بِعَزِيزٍ) (٢٠) ★

وە ئەم ئاڵو گۆڕە شتێکی گران نیە لای خودا •

★ (وبَرَزوا ِللهِ جَمِيعاً ، فَقالَ الضُّعَفاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : إنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعاً فَهَلْ أنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا مِنْ عذابِ اللهِ مِنْ شَيْءٍ ؟ قالُوا : لَوْ هدانَا اللهُ لَهدَيْناكُمْ ، سواءٌ علَيْنا أجَزِعْنا أمْ صَبَرْنا ما لَنا مِنْ مَحِيصٍ !) (٢١) ★

واتە لە ڕۆژی قیامەتا هەموو کافرەکان دێنە مەیدانەوەو هەموویان بە جارێ سزا ئەدرێن ، جا لەو کاتەدا ئینسانە داماوەکانی دنیا ئەڵێن بە خاوەن دەستەکان : ئێمە لە دنیادا شوێن ئێوە کەوتبووین ئایا ئیستە ئێوە چاری شتێکمان بۆ ئەکەن لە سزای خودا ؟ گەورەکانیش لە وەڵامی ئەوانا ئەڵێن : ئەگەر خودا هیدایەتی ئێمەی بدایە بۆ گەیشتن بە ئیمان ئێمەیش هیدایەتی ئێوەمان ئەدا بۆ ئیمان ، بەڵام لەبەر عەنادکاریو سەرسەختی خۆمان خودا هیدایەتی ئێمەی نەدا ، ئێوەیش مادام کەوتنە شوێن ئێمە وا وەکوو ئێمە بەدبەخت بوون ، ئیتر تازە کار لە دەست دەرچود . بێ فەرقە بۆ ئێمە نارەحەتی بکەین یا خۆمان بگرین ، ڕێگەی لادانمان لە دۆزەخ نیە •

★ (وقالَ الشَّيْطانُ ، لمَّا قُضِيَ الاَمْرُ : إنَّ اللهَ وعَدَكُمْ وعْدَ الحَقِّ ووَعَدْتُكُمْ فأخْلَفْتُكُمْ ، وما كانَ لِي علَيْكُمْ مِنْ سُلطانٍ إلاَّ أنْ دَعَوْتُكُمْ فاسْتَجَبْتُمْ لِي) ★

وە شەیتانیش کە پێشەوای هەموو گومڕاهانە پاش ئەوە حیسابو کیتاب بڕایەوەو فەرمان درا بەوە ئەهلی بەهەشت بڕۆنە بەهەشتو ئەهلی

دۆزەخ بڕۆنە دۆزەخ •• ئەڵێ بـە پەیڕەوەکانی خۆی : ئـەی ڕەفیقان ! خودای تەعالا وەعدەی بەهەشتی پێدان بەرابەر بە ئیتاعەی فەرمانی ئەو بە وەعدەیەکی ڕاستی واقیعی ، وە منیش باسی ئەوەم بۆ کردن کە نە خودا هەیەو نە ڕەهبەر نە ئایین‌و نە مەسئوولییەت ، وە پێویستە ئێوە بژین وەکو باقی گیانلەبەران وە هەر وەختێ مەحو ئەبنەوە ، وە یا ئەگەر زیندووکرانەوە بتەکاتتان تکاتان بۆ ئەکەن ، وە کەوتنە شوێن من ، وە لە ئەنجاما ئەوەی من پێم وتن هەمووی درۆو بێ مایە بو ، وە لە عەینی کاتدا من هیچ هێزو تەوانایەکم نەبو بەسەر ئێوەدا ، بەس هەر ئەوەندە بوو من وەعدەم پێدان بەو جۆرە کە باسم کردو ئێوەیش کەوتنە شوێنم •

★ (فَلا تَلومُونِي ولومُوا أنْفُسَكُمْ) ★

دەی ئیتر ئێوە سەرزەنشتی من مەکەن بەڵکو سەرزەنشتی خۆتان بکـەن •

★ (ما أنا بِمُصْرِخِكُمْ ومَا أنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ) ★

من لەوانە نیم ئێوە پەنا بدەم لە سزای دۆزەخ ، وە ئێوەیش لەوانە نین کە من پەنا بدەن •

★ (إنِّي كَفَرْتُ بِما أشْرَكْتُمونِي مِنْ قَبْلُ) ★

بە ڕاستی من مونکیرم‌و بێ ئیعتینام بەو ئیشراکی ئێوەیە بۆ من ، وە بەو ئیعتیمادتانە لەسەر من وە من ئەوەندە بووم کە ئێوەم هەڵخەڵەتان •

★ (إنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عذابٌ ألِيمٌ) (٢٢) ★

بە ڕاستی من ستەمکار بووم لـە خۆم کە خۆم لـە فەرمانی خودا دەرچووم ، وە ستەمیشم کـرد لـە ئێوە کـە ئێوەم هەڵخەڵەتاند ، وە

ئێوەیش ستەمتان کرد لە خۆتان کە بە بێ شوعووری کەوتنە شوێن خەیاڵاتو وەعدەی من ، وە هەردووڵامان ستەمکارین‌و بە راستی ستەمکارەکانیش سزایەکی سەختیان هەیە لە ئیمڕۆ بەدواوە •

★ (وأُدْخِلَ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ خالِدِينَ فِيها بِإِذْنِ رَبِّهِمْ تَحِيَّتُهُمْ فِيها سَلامٌ) (٢٣) ★

وە ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کرد خرانە ناو چەن بەهەشتێکەوە کە جۆبار لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان ئەبن‌و هەتا هەتایە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا بە ئەمرو فەرمانی خودای خۆیان‌و فریشتەکان رێزیان ئەگرن بە سەلام لێ‌کردنیان‌و لە ناو خۆیشیاندا تەحییەو ئیحتیرامیان لە یەك بە پێشکەشکردنی سەلامە •

★ (الَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً ؟ : كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أصْلُها ثَابِتٌ وفَرْعُها في السَّماءِ) (٢٤) ★

ئایا نازانی خودای تەعالا چلۆن تەشبیهی بەلیغی مەقبوولی داناوە ؟ هاتوە تەشبیهی کەلیمەی جوان‌و وتاری خێرداری کردوە بە درەختێکی سایەو بەرداری بۆشناخ کە بنەکەی بە رەگە درێژە ئەستوورەکانیەوە دامەزراوە لە بنی عەرزاو لقەکانیشی بەرزەوە بوون‌و رۆییون وان لە ئاسمانا بای سەفای رەحمەت ئەیانلەرێنێتەوەو هەر دەمێ تازە ئەبنەوە وە بە هیچ جۆرێ بای فەنا لێیان ناداو لەگەڵ خولوودی ئەرواحدا بەردەوامن •

★ (تُؤْتِي اُكُلَها كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّها ؟) ★

وه به‌ری خۆی ئه‌دا به موسته‌حه‌قان له هه‌موو کاتێکدا به ئیزنی خودای خۆی •

★ (ویَضْرِبُ اللهُ الاَمْثالَ لِلنّاسِ لَعَلَّهُمْ یَتَذَکَّرُونَ) (٢٥) ★

وه خودای ته‌عالا ئه‌م جۆره ته‌شبیهانه به‌یان ئه‌کا بۆ ئاده‌میزاد به هیوای ئه‌وه که بیر بکه‌نه‌وه له مه‌فهووماتاو رێگه‌ی خۆیان به راستی بزانن‌و به سه‌ریا بڕۆن •

★ (ومَثَلُ کَلِمَةٍ خَبیثَةٍ : کَشَجَرَةٍ خَبیثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الاَرْضِ ، ما لَها مِنْ قَرارٍ) (٢٦) ★

وه نموونه‌ی که‌لیمه‌ی پیسیش وه‌کو دره‌ختێکی پیسی بێ سوود وایه که کاتێ ده‌ستی بۆ ببه‌ی به ئاسانی هه‌ڵبکه‌نرێ له چینه سه‌روه‌که‌ی عه‌رزه‌وه‌و به ته‌بیعه‌تی خۆی له به‌ر ئه‌وه که ره‌گی نه‌ڕۆیشتوه‌ته خواره‌وه به عه‌رزا ، (کانه) راوه‌ستانی نه‌بوه ، وه یا شیاوی ئه‌وه نیه که راوه‌ستانی ببێ له عه‌رزا •

خاوه‌ن ته‌فسیره‌کان له ته‌فسیری (کلمه‌ی طیبه)و (کلمه‌ی خبیثه)دا چه‌ن بیرێکیان ده‌ربڕیوه ، فه‌رموویانه : که‌لیمه‌ی طه‌ییبه برێتیه له که‌لیمه‌ی ته‌وحید (لا اله الا الله)و بانگکردنی ئاده‌میزاد بۆ دینی ئیسلام‌و په‌یڕه‌وی حه‌زره‌تی محه‌مه‌د (د) وه یا قورئانی پیرۆز • وه که‌لیمه‌ی پیسیش به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وانه‌وه‌یه که که‌لیمه‌ی ئیشراکه ، وه یا بانگکردنه بۆ کوفرو لادان له دینی ئیسلام‌و ئه‌و کیتابانه که خیلافی قورئانی پیرۆزن • وه له واقیعدا هه‌ردوو که‌لیمه‌که گه‌لێ مه‌عنایان هه‌یه‌و به

عیبارەتێکی گشتی هەر کەلیمەیێ بەختەوەری بدا بە خاوەنەکەی ئەوە لە کەلیمەی جوانو پاکەو هەر کەلیمەیەکیش بەدبەختی بگەیەنێ ئەوە بە کەلیمەی پیسو خراپ دائەنرێ •

تەوحیدو ، تەعلیم ، ئەذکارو ، ئەوراد .
تەرحیبو ، ئیکرام ، ئیصلاحی عیباد ،
نەشری ئادابی کۆمەڵایەتی
یانی ئارامیو خۆش تەبیعەتی •••
وێنەی ئەمانەیش لە طەییباتن ،
باقی خەبائیث شەیتانییاتن •



★ (يُثَبِّتُ اللهُ الَّذِينَ آمَنوا بِالقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الحَياةِ الدُّنْيا وفي الآخِرَةِ ، ويُضِلُّ اللهُ الظَّالِمينَ ، ويَفْعَلُ اللهُ ما يَشاءُ) (٢٧) ★

جا بە موناسەبەی کەلیمەی طەییبەو کەلیمەی خەبیثەوە خودای تەعالا ئەم ئایەتەی فەرموو بەم جۆرە قەولی ثابت بێ بە وێنەی کەلیمەی طەییبەو کەلیماتی گومڕاهەکانیش بێ بە کەلیمەی خەبیثە •

واتە : خودای تەعالا بە تەئکیدو ئیهتیمام دامەزران ئەدا بەوانە کە ئیمانیانن هێناوە بە دینی ئیسلام بە هۆی تەلەفوزکردنیان بە قەولێ کە دامەزراوە بە دەلیلو بورهان وەکو (لا اله الا الله محمد رسول الله)یە لە ژیانی دنیاداو لە پاشەڕۆژیشدا ، یانی ئەگەر لە دنیادا ئەهلی ئیمان گیرۆدە بین بە فیتنەی کافرانو ستەمکارانو بەڵاو گێژەڵووکەی دەوران هەر لەسەر

(لا اله الا الله) دەوام ئەکەنو هەموو شتێ لە خوداوە ئەزانن . وە ئەگەر لە بەر سەربڕینیشدا بن لەم کەلیمە لا نادەن •

هەروا کاتێ لە پاشەڕۆژیشدا گیرۆدە ببنو بکەونە مەیدانی پرسیار لە قەبرا لە لایەنی فریشتەکانی پرسیارەوە لە وەلامیانا ئەڵێن : (لا اله الا الله محمد رسول الله) هەروا لە رۆژی مەحشەرا زیکریان ئەم کەلیمەیەو بەم کەلیمە پیرۆزانە رزگار ئەبن •

(عن البراء -رض- عن النبي -ص- قال المسلم اذا سئل في القبر يشهد ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله ، ذلك قوله « يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة » رواه البخاري وأبو داود والترمذي • ولفظه : « يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة » قال في القبر اذا قيل : من ربك ، وما دينك ، ومن نبيك ؟)

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە کە خودای تەعالا تەوفیقی موسوڵمان ئەدا بۆ وەلامدانەوە لەسەر ئەو پرسیارانە لە قەبرەکەیا کە وتیان : خودای تۆ کێیە ؟ ئەڵێت : خودای من ئەڵڵایە • وە کە وتیان : دینت چیە ؟ ئەڵێ : دینو ئایینم ئیسلامە ، وە کە وتیان : پێغەمەرت کێیە ؟ ئەڵێ : پێغەمەرم محەمەدە -د- •

لەم حەدیثە شەریفەوە دەرکەوت کە حەرفی (ب) لە (بالقول الثابت)دا بۆ سەبەبیەتە • واتە خودا بە هۆی ئەم وتارە دامەزراوە جوانەوە موسوڵمانان رزگار ئەکاو دایانئەمەزرێنێ لە دنیاو لە قیامەتا ، وە نە لە بەلای دنیاداو نە لە پاشەڕۆژا خوداو پێغەمەری خودایان لە بیر ناچێ • هەروا ستەمکارەکانیش گومڕا ئەکا بە وتاری بێ ئەساس لە هەردوو دنیادا وە خودا خواستی هەرچی بێ ئەیکات •

★ (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَةَ اللهِ كُفْراً وأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دارَ البَوارِ (٢٨) ، جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَها وبِئْسَ القَرارُ ؟) (٢٩) ★

ئایا تەماشا ناکەی‌و ناڕوانی بۆ ئـەو کەسانە کـە سوپاسی نیعمەتی خودا لەسەریان بو گۆڕییان بە ناسوپاسی‌و بە خۆیان دەسبەردار نەبوون بەڵکو گەلەکەیشیان خستە ناو خانەو ماڵی هەلاکەوە کە بریتییە لە دۆزەخ ئەڕۆنە ناوی‌و جێگەو قەرارگایەکی خراپە ؟

★ (وجَعَلُوا لِلهِ أَنْداداً لِيُضِلُّوا عَنْ سَبِيلِهِ) ★

وە ئـەم کەسە ناپیاوانە بڕیاری عیبادەتی چـەن بتێکیان دا لەسەر گەلەکەیان بۆ ئەمە کە ئەو بتانە بە بەندەیی‌کردن بۆیان ئادەمیزاد گومڕا بکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی خودا بەیەکناسی‌و بەندەیی ئەودا •

★ (قُلْ : تَمَتَّعُوا فإِنَّ مَصِيرَكُمْ إلى النَّارِ) (٣٠) ★

تۆ ، ئەی خۆشەویست ، پێیان بڵێ : بۆ خۆتان رابوێرن چەن رۆژێ ، بە راستی ئەنجامی گەڕانەوەتان بۆ لای ئاگری دۆزەخە •

ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە لە شانی پیاوە گەورەکانی کافری مەکەدا وەکو پیاوانی (بني امیه)و (بني مغیره) ئەمانە وەختی خۆی لە مەکەدا دامەزراوو خاوەن نان‌و خاوەن شان بوون‌و بە هۆی زیارەتی بەیتوڵڵاوە گەلێ ئیستیفادەیان کرد پاش ئەوە کە خودا حەزرەتی محەمەدی رەوانە کرد بە دینی تەوحید لە باتی ئەوە ئیمان بێنن‌و خزمەتی دینی ئیسلام بکەن کەوتنـە دوژمنایەتی دینی ئیسلام‌و گـەلێ تەئییدی بتپەرستییان کـردو گەلەکەیان ختە ئەدا بۆ بتپەرستی هەتا خودا بەنی موغیرەی لە رۆژی بەدرا شکاندو لـە ناوی بردن‌و بـەنی ئومەییەیش ماوەیێ مانـەوە ، ئـەوەیان موسوڵمان بوو موسوڵمان بوو باقی ئەوانیش لەناوچوون •

★ (قُـلْ لِعِبادِيَ الَّذينَ آمَنُوا : يُقِيمُوا الصَّلاةَ ويُنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْناهُمْ سِرّاً وعلانِيَةً مِنْ قَبْلِ أنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا بَيْعٌ فِيهِ ولا خِلالٌ) (٣١) ★

ئه‌ی خۆشه‌ویست بفه‌رموو به‌و به‌ندانه‌م که ئیمانیان هێناوه : با نوێژه‌کانیان به باشی به‌جێ بێنن‌و خه‌رج بکه‌ن له‌و رۆزییه پێمداون له ڕێگه‌ی خودادا به په‌نامه‌کی‌و ئاشکرا له پێش ئه‌وه‌دا که ڕۆژێ بێته پێشه‌وه نه به‌یع‌و مامه‌ڵه‌ی تیا بێ‌و نه برایه‌تی‌و دۆستی •

★ (اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّماواتِ والأرْضَ وأنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً فَأخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَراتِ رِزْقاً لَكُمْ) : ★

خودا خودایه‌کی وایه ئاسمانه‌کان‌و عه‌رزی دروست‌کردوه‌و له لای ئاسمانه‌وه ئاوی بارانی رژاندوه‌ته خواره‌وه‌و به‌و ئاوه به‌ش‌و باره‌یه‌کی زۆری ده‌رکردوه له عه‌رز بۆتان هه‌تا ببێ به ڕۆزی ژیوار بۆ ئێوه •

★ (وسَخَّرَ لَكُمُ الفُلْكَ لِتَجْرِيَ في البَحْرِ بِأمْرِهِ وسَخَّرَ لَكُمُ الأنْهارَ) (٣٢) ★

وه که‌شتی رام کردوه بۆ ئێوه هه‌تا هاتوچۆ بکا له ده‌ریادا به فه‌رمانی خودا ؛ وه ئه‌م هه‌موو روباره نازاره‌یشی بۆ رامکردوون •

★ (وسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ والقَمَرَ دائِبَيْنِ) ★

وه رۆژو مانگی رام کردوه به درێژی کات بۆ رووناکی به‌ر چاوی ئێوه له کاته‌کانتانا ••

★ (وسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ والنَّهارَ) (٣٣) ★

وە شەوو رۆژیشی رام کردوە بۆتان بۆ حەولدان بە شوێن ژیواراو بۆ ئاسایشی لەش تا قابیل بێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کارکردن •

★ (وآتاكُمْ مِنْ كُلِّ ما سَأَلْتُمُوهُ) : ★

وە خودا پێیداون لـە هەموو نەوعە شتێ داواتان کردوە بە زمانی وتار ، یا بە نیازمەندی تەبیعەتی ئینسانی گەلێ دەرمان هەیە کە ئینسان بە خەیاڵیا نایێو خودا ئیلهامی کردوە بۆ بازێ ئینسان هەتا پەیدای بکەنو ئەڕۆن لە کێواناو لە شوێنی تایبەتیدا ئەیدۆزنەوە •

★ (وإنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللهِ لا تُحْصُوهَا) ★

ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خودا ژمارە بکەن ناتوانن هەموویان باس بکەن •

★ (إنَّ الإنْسانَ لَظَلومٌ كَفَّارٌ) (٣٤) ★

بە راستی ئینسان ستەمکارە لەبەر تەرکی سوپاسی نیعمەتو زۆر مایلە بە ئینکاری نیعمەتی پەروەردگاری خۆی •

★ (وإذْ قالَ إبْراهِيمُ : رَبِّ اجْعَلْ هذا البَلَدَ آمِناً واجْنُبْنِي وبَنِيَّ أنْ نَعْبُدَ الأَصْنَامَ) (٣٥) ★

باسی ئەوە بکە کە ئیبراهیم ــدــ لە پاش ئەوە کەعبەی دروست کرد پاڕایەوە لە خوداو عەرزی کرد : پەروەردگارا ئەم شارەو ئەم ئاوەدانیە کە تۆ منت لە بوونیان ئاگادار کردوە لە ئێستە بەدواوە وە ئەوانەی کە لەم وڵاتەدا ئەبن ئەمینیان بکە لـەو نەوعە دەردو بەڵایەو لەو نەوعە خراپو

وێرانیە کە بەسەر باقی ولاتەکانا دێت هەتا عالەم بزانن ئەم خانووی کەعبەتوڵلا خانوویەکی پیرۆزدو رەمزی ریسالەتو یەکیەتی موسوڵمانانەو منو ئەولادەکانم دوور بخەرەوە لەوەی کە بەندەیی بتەکان بکەین •

★ (رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيراً مِنَ النَّاسِ) ★

خودایا ئەو بتانە بوون بە هۆی گومڕاکردنی گەلێ ئادەمیزاد •

★ (فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي) ★

ددی هەرکەسێ کەوتەشوێنی من لە بەیەکناسی تۆدا ئەوە لە منە •

★ (وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٣٦) ★

وە هەر کەسێ لە من یاخی بێ لە بابەتی بەندەیی خودای تەنهادا ئەوە خۆت ئەیزانی ، ئەگەر سزای ئەدەی ئەوە حەقی خۆتە ، وە ئەگەر تاوانی ئەبەخشی ئەوە بۆ تۆ رەوایەو بەخششی خۆتە ؛ چونکی تۆ خودایەکی تاوانبەخشو میهرەبانیو قابیلە هەرچی خواستت لەسەری بێ بیکەی •

خودا وەحی کرد بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کە هاجەرو ئیسماعیل لە مەکەدا دابنێ ، وە حاڵی کرد کە ئەو شوێنە ئەبێ بە مەڵبەندی نەتەوەی ئەو . وە بە زیارەتگای عالەمی ئادەمیزاد • جا لەبەر ئەوە کە لە بناغەوە دوژمنی دین لەو رۆژەدا هەر بتو بتپەرست بو وە هەرچی فەسادی باوەڕو ئەخلاق بو لەوانەوە ئەبوو ئەو پاڕانەوە بە سۆزەی کردو خودایش موختارە لە قەبووڵکردنو قەبووڵ نەکردنی دۆعای هەموو کەسێکدا ؛ ئەوەندە هەیە پێغەمەرەکان لەبەر ئەوە خاوەن حورمەتێکی زیادن لە لایا زۆربەی دۆعایان قەبووڵ ئەکرێ •

★ (ربَّنا إنِّي أسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ المُحَرَّمِ ربَّنا لِيُقِيموا الصَّلاةَ فاجْعَلْ أفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إلَيْهِمْ وارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَراتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ) (٣٧) ★

ئەی پەروەردگاری ئێمە من بازێ لە نەتەوەکانی خۆمم جێگەنشین کردوە لەم نشیوی (مەکە)دا کە شیوێکی بێ کشتوکاڵە لە لای ئەم خانەی خۆتەدا کە حەرامت کردوە بێئەدەبی بکرێ لە نزیکیا ، خودایە ! بۆ ئەوەم داناون لێرەدا کە نوێژەکانیانو بەندەیی تۆ بکەن . وە تکا ئەکەم کە چەن دڵێکی رووناکی موسوڵمانان وا لێ بکەیت کە روو بکەنە ئەم وڵاتەو ئارەزووی ئەوە بکەن برۆن بۆ لایانو بۆ زیارەتی (کابە)ی پیرۆز . وە رۆزی ئەو نەتەوەی منە بدە لە بەشو بارەی زۆری جیهان بەڵکو ئەوانیش سوپاسی تۆ بکەن .

★ (ربَّنَا إنَّكَ تَعْلَمُ ما نُخْفِي وما نُعْلِنُ ، وما يَخْفَى على اللهِ مِنْ شَيْءٍ في الأرْضِ ولا في السَّماءِ) (٣٨) ★

پەروەردگارا ! تۆ ئاگاداری لەسەر ئەوەی ئێمە پەنهانی ئەکەین لە دڵماناو ئەوەیش بە ئاشکرا ئەیکەین وە هیچ شتێ لە خودا گوم نابێ لە عەرزو لە ئاسمانا ، رجای ئەوەمان هەیە کە عەفوومان بکەیو تاوانمان ببەخشی .

★ (الحمْدُ لِلهِ الَّذِي وهَبَ لِي على الكِبَرِ إسماعِيلَ وإسْحاقَ . إنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعاءِ) (٣٩) ★

حەمدو سەناو ستایشو سوپاس بۆ خودایەکە لە تەمەنی پیریو

ناته‌وانیبا دوو کوڕی وه‌کو ئیسماعیل‌و ئیسحاقی پێدام . به راستی خودای من دۆعا ئه‌بیسی‌و قه‌بووڵی ئه‌کا •

★ (رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي ، رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ) (٤٠) ★

خودایه بسکه به ئینسانێکی نوێژکه‌ری ساغ‌و بازێ له نه‌ته‌وه‌کانیشم . خودایه دۆعایشمان قه‌بووڵ بکه •

★ (رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ) (٤١) ★

ئه‌ی خودای ئێمه له تاوانه‌کانی خۆم‌و باوکم‌و دایکم‌و هه‌موو موسوڵمانان‌و خاوه‌ن ئیمانان خۆش به له‌و رۆژه‌دا که حسێبی بیرو باوه‌ڕو کرده‌وه ئه‌کرێ •

بزانن ! ئه‌م دۆعایه بۆ باوکو دایکی له کاتێکدا بوه ئاگادار نه‌بوه له‌سه‌ر ئه‌وه که عه‌فو ناکرێن • وه بازێ ئه‌ڵێن : مه‌به‌ستی (والدين) ئاده‌م‌و حه‌وا بوه •

جا خودای ته‌عالا روو ئه‌کاته حه‌زره‌تی محه‌مه‌د ـ د ـ بۆ دڵدانه‌وه‌و دڵخۆشکردنی ئه‌فه‌رموێت :

★ (وَلا تَحْسَبَنَّ اللهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ (٤٢) مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُؤُسِهِمْ لا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاءٌ) (٤٣) ★

هه‌رگیز تۆ وا گومان نه‌به‌ی که خودا بێ ئاگا بێ له‌م کرده‌وانه که

ستەمکارەکان ئەیانکەن ، خودا ئاگای لێیانە ، بەلاَم تۆلەیان دوا ئەخا بۆ ڕۆژێ کە چاویان ڕائەوەستێو ئەبلەق ئەبێ لە ترسی خودا ، حالیان وایە لەو ڕۆژەدا ڕائەکەن بە شوێن ئەو مەئموورەدا کە بانگیان ئەکا بۆ حسێبو سەریان بەرزکردوەتەوە وەکو یەکێ ملی ڕەق بووبێ ، چاویان وا ڕاوەستاوەو کراوەتەوە ناگەڕێتەوە بۆ لایانو بۆیان نانووقێتەوە ، واتە وەکوو چاوی مردوو جوولەی نامێنێو دلیان خالیە لە هەموو فامێ .

★ (وَأَنْذِرِ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ العَذابُ ، فَيَقولُ الَّذينَ ظَلَمُوا : ربَّنا أخِّرْنَا إلى أجَلٍ قَريبٍ نُجِبْ دَعْوَتَكَ ونَتَّبِعِ الرُّسُلَ ! أوَلَمْ تكُونُوا أقْسَمْتُمْ مِنْ قَبْلُ ما لَكُمْ مِنْ زَوالٍ ؟!) (٤٤) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ ئادەمیزاد بترسێنە لە سزای ڕۆژێ کە لەو ڕۆژەدا سزایان بۆ دێ ، جا ستەمکارەکان ، واتە ئەوانە کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردوە بە بێ ئیطاعەیی خودا ئەلێن : پەروەردگارا ! ئەم زەمانەمان لەسەر لابەو بمانگێڕەوە بۆ دنیا تا ماوەیەکی کەم ، ئێمە ئەمجارە قەبوولی دەعوەتی تۆ ئەکەینو تابیعی پیغەمەرەکان ئەبین ... جا لە لایەنی خوداوە وەلاَمیان ئەدرێتەوە : چۆن تازە خودا قسەتان لێ وەرئەگرێ ؟ ئەوە نەبو ئێوە سوێندتان ئەخوارد کە قەت لەسەر عەرز لاناچنو نامرنو چین لەسەر دێن بە شوێن یەکا هەتا هەتایەو دنیا نابڕێتەوە ؟

★ (وسَكَنْتُمْ في مَساكِنِ الَّذينَ ظَلَمُوا أنْفُسَهُمْ وتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنا بِهِمْ وضَرَبْنا لَكُمُ الامْثالَ) (٤٥) ★

ئەوە نەبو دانیشتبوون لە ماوای ئەو چینە پێشوەکانا کە ستەمیان

لە خۆیان کردبو ، وە بۆ ئێوەیش دەرکەوتبوو کە چیم پێکردبوون بە قاری خۆمانو چەن وێنەی ئەوان یا سیفاتی ئەوانمان بۆ بەیانکردن هەتا بزانن بۆچی ئەوانمان فەوتان ، کەچی ئێوە هەر پەندتان وەرنەگرتو تازە داوای گەڕانەوە بۆ دنیا ئەکەن !

★ (وقَدْ مكَرُوا مَكْرَهُمْ وعِنْدَ اللهِ مَكْرُهُمْ وإنْ كانَ مَكْرُهُمْ لِتَزولَ مِنْهُ الجِبالُ) (٤٦) ★

وە بە راستی ئەو چینە کافرانە ـ پێشینانیانو چینی پاش ئەوانیش ـ هەر کامیان ئەونە تەوانایان بو فرِو فێڵیان کرد لەگەڵ رەهبەراناو هەموو مەکرەکانیش هەر لە ژێر دەستی خودادایەو خواستی ببوایە بەربادی ئەکردن ، هەرچەند ئەو مەکریشیانە ئەوەندە نابار بو لەوانە بو کێوەکان لە جێگەی خۆیاندا ، لەبەر توندی ئەو هێزو فرِو فێلانە هەڵبکەنرێن •

★ (فَلا تَحْسَبَنَّ اللهَ مُخْلِفَ وعْدِهِ رُسُلَهُ ، إنَّ اللهَ عَزِيزٌ ذو انْتِقامٍ) (٤٧) ★

تۆ گومان مەبە بە خودا کە ئەو وەعدەیە داویەتی بە پێغەمەرەکانی بۆ یارمەتیدانیانو زاڵکردنی پەیرەوانی ساغیان بەسەر کافرانا بەجێ ناهێنێ ؛ بەڵکو کەس لە خودا رزگار نابێ وە ئیمرِۆ یا سبەینێ داگیریان ئەکا . بە راستی خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیاو خاوەن حەقوەرگرتنەو تۆڵەسێنە لە دوژمنەکانی بۆ دۆستەکانی •

★ (يَوْمَ تُبَدَّلُ الأرْضُ غَيْرَ الأرْضِ والسَّماواتُ وبَرَزُوا لِلّهِ الواحِدِ القَهّارِ) (٤٨) ★

وە ئەو تۆڵە کە وەریئەگرێتەوە لە تاوانباران پاش عالەمی ژیان وا لە رۆژێکدا ئەم عەرزە ئیستە ئەیبینن ئەگۆڕێ بە عەرزێکی ترو ئاسمان بە ئاسمانێکی تر ، ئەم عەرزە کەژو کێوی تێدا نامێنێو هەمووی ساف ئەبێ و، ئەو ئاسمانە ئیستە هەیە نامێنێ ، وە ئەستێرەکانی دائەوەرێن لە فەزای کائیناتاو ئەبن بە مادەی مەحوکراوە ، وە ئەم عالەمە ئەگۆڕێو عەرز رووناك ئەبێتەوە بە رووناکیێکی تایبەتی کە خودا بۆی دروست ئەکا وەکو رووناکی کاتی بەرەبەیان ، وە هەموو ئەم ئادەمیزادو پەرییانە هەموو لە گۆڕیان دەرئەچن بۆ حسێبو پرسیار لێکردنیان لەسەر ئەمری خودای تاقی تەنیای خاوەن کیبریاو خاوەن قار • پەنا بە خودا !

★ (وتَرى المُجْرِمينَ يَوْمَئِذٍ مُقَرَّنِينَ في الأَصْفادِ) (٤٩) ★

وە تاوانبارەکان ئەبینی بەسراونەتەوە بەیەکەوە بە گوێرەی موناسەبەیان لە زەمانو عەقیدەو بیرو باوەڕو کردەوەی ناهەمواردا مەسەلا : ئەوانە کە باوەڕیان بە صانیع نیە تاقمێکن وە ئەوانە باوەڕیان هەیە بەڵام موشریکن تاقمێکن ، وە ئەوانە پیاوکوژن یا خاوەن خەیانەتن تاقمێکن •

★ (سَرابِيلُهُمْ مِنْ قَطِرَانٍ ، وتَغْشى وجوهَهُمُ النَّارُ) (٥٠) ★

کراسەکانی بەریان لە قەترانە ، کە بریتییە لە جەوێکی بۆگەن لە داری عەرعەر دەرئەچێو چەوریشە بە کەمتر کات گڕ ئەگرێ ، وە ئاگری دۆزەخ روویان دائەپۆشێ ، یانی سەرتاپای لەشیان بەو جەوییە داگیر ئەکرێ . وە یاخود کراسێکیان بۆ دروست ئەکرێو هەڵئەکێشرێ لەو جەوییەو ئاگری تێ بەرئەدرێ بۆ سزادانیان •

★ (لِيَجْزِيَ اللهُ كُلَّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ إِنَّ اللهَ سَرِيعُ الحِسَابِ) (٥١) ★

خودا بەم جۆرە سزایان ئەدا بۆ ئەوە کە جەزای هەرکەسێ بداتەوە بە موقابیلی ئەوەی کردوویەتی بە ڕاستی خودا زوبەزوو حسێبی بیرو باوەڕو کردەوەیان ئەکا •

★ (هذا بَلاغٌ لِلنَّاسِ ولِيُنْذَرُوا بِهِ ولِيَعْلَمُوا أنَّما هو إلهٌ واحِدٌ ولِيَذَّكَّرَ اولُوا الأَلْبابِ) (٥٢) ★

ئەم قورئانە پیرۆزە یا ئەم سوورەتە یا ئەم ئامۆژگاریيانە کە وا لەم چەن ئایەتەدا کافیەو بەسە بۆ کەسێ کە عیبرەت بگرێ بە ئیرشادی مورشیدی دڵسۆز ؛ جا با ئامۆژگاری ئادەمیزادی پێ بکرێو بترسێنرێن لەو نەوعە ئازارە کە دێن بەسەر تاوانبارانا وە با هەموو بزانن کە خاوەنی ئەم تەسەڕوفاتە خودایەکی تاقو تەنیایە وە بیر بکاتەوە بە وردبوونەوەی ئەو کەسانە کە خاوەنی هۆشی ساغن •

سوورەتی (حیجر)
مەککی‌یە ، ئایەتی ٨٧ نەبێ
٩٩ ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

★ (الـر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وقُرْآنٍ مُبِينٍ) (١) ★

واتە ئەم سوورەتە کە بەم سێ حەرفە ناوبراوە ئایەتەکانی ئەو ئایاتی کتێبی کامڵو خاوەن قەدرەن لە لای خودا وە ئەو کتێبە وەکو بە کتێب ناوئـەبرێ لەبـەر گردبوونەوەی ئایەتـەکانیو نووسراوییان لـە (لوح المحفوظ)دا بە قورئانیش ناو ئەبرێن لە بەر ئەوە کە ئەخوێنرێنەوە ، وە ئەو قورئانە زۆر باش رێگەی باش لە خراپ جیا ئەکاتەوە •

★ (رُبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ كَانُوا مُسْلِمِينَ) (٢) ★

گەلێ جار لە رۆژی قیامەتا ئەم ناپیاوانە کە لە دنیادا کوفری خودا ئەکەن داواو دڵخوازی ئەوە ئەکەن کە لە کاتی خۆیا موسوڵمان بوونایێ بۆ ئەوە تووشی ئەو سزای رۆژی قیامەتە نەبوونایێ • یاخود ئەوەندە سزا گێژو پەریشانیان ئەکا کەمێ جار بیری دنیـا ئەکەنەوەو خۆزگەی ئـەوە ئەخوازن کە موسوڵمان بوونایێ •

★ (ذَرْهُمْ يَأْكُلُوا وَيَتَمَتَّعُوا وَيُلْهِهِمُ الأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ) (٣) ★

وازیان لێ بێنە با پڕ بە سکیان بخۆنو رابوێرن لە ئارەزووی نەفساو هیوای هەوا بازێ غافڵیان بکا لە خوداو فەرمانی خوداو پێغەمەری خودا فەرامۆش بکەن ، جا لە پاشەڕۆژا ئەزانن چ ئیشێکی خراپیان کردوە •

★ (وما أهْلَكْنا مِنْ قَرْيَةٍ إلا ولَها كِتاب" مَعْلوم") (٤) ★

ئیستە ئێمە بۆیە ئەم وڵاتە وێران ناکەینو ئەهلەکەی گیرۆدەی سزا ناکەین ؛ چونکی هێشتا سەرەیان نەهاتوە بە پێی ئەو نووسراوی (لوح المحفوظ)ە ؛ چونکی ئێمە هیچ دێیکمان وێران نەکردوەو خەڵکەکەیمان لەناو نەبردوە تا نووسراوێکی تایبەتی بوە بۆیانو کاتی هاتوە •

★ (ما تَسْبِقُ مِنْ اُمَّةٍ أجَلَها وما يَسْتَأْخِرونَ) (٥) ★

فەوتانی هیچ ئوممەتێ ناکەوێتە پێش ئەو وادەیەوە بۆیان دانراوەو لەو کاتەیش دوا ناکەوێ •

★ (وقالُوا : يا أيُّها الَّذي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إنَّكَ لَمَجْنُون" !) (٦) ★

وە ئەو کافرانە بە گاڵتەکردنەوە بانگ ئەکەنو ئەڵێن : ئەی کەسێ کە لە لای خوداوە کیتابت بۆ هاتوە بە راستی تۆ شێتی کە داوای ئەم پایە ئەکەی بۆ خۆت بە بێ ئەوە فریشتەیەکت لە لادا بێ هەتا بزانین کە تۆ فورستادەی خودای !

★ (لو ما تَأْتِينا بِالمَلائِكَةِ إنْ كُنْتَ مِنَ الصّادِقينَ !) (٧) ★

ئەوە بۆچی فریشتەیەکمان بۆ نایەنی بۆ ئەوە شایەتی بدا کە تۆ پێغەمەری خودای ، ئەگەر تۆ لە راست وتارانی ؟ جا خودای تەعالا جوابیان ئەداتەوەو ئەفەرموێت :

★ (مَا نُنَزِّلُ المَلائِكَةَ إلاَّ بِالْحَقِّ وَمَا كَانُوا إذاً مُنْظَرِينَ) (٨) ★

ئێمە مەلائیکە نازڵ ناکەین مەگەر بە شێوەیێ کە حیکمەت داوای بکا وەکوو بۆ کاتی فەوتاندنی ئەو گەلە سەرکێشە وە لەو کاتەدا کە فریشتەمان نازڵ کرد بە سەعات مۆڵەتیان نادرێ ، وە ئەگەر ئێمە فریشتە رەوانە بکەین بۆ ئەوە ئەوان باوەڕ بکەن بە پێغەمەرەکان ئەو کاتە ئیمانەکەیان ئەبێ بە ئیمانی ناچاریو ، ئیمانی وەها نرخی نیە •

★ (إنَّا نَحْنُ نَزَّلْنا الذِّكْرَ وإنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) (٩) ★

ئەی ناکا با ئەو کافرانە باوەڕ نەکەن بەوە کە تۆ پێغەمەریو ئەو زیکرە کەلامی خودایە ! من خۆم ئەوە دەرئەبڕمو ئەڵێم : ئێمە ئەو زیکرەمان نازڵ کردوە بۆ سەر پێغەمەری خۆشەویستو ئێمەیش نیگابانی ئەو زیکرە ئەکەین لەوە کە بە دەست بۆبردنی کافرانو خائینان بفەوتێو بگۆڕێ •

★ (وَلَقَدْ ارْسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ في شِيَعِ الاوَّلِينَ) (١٠) ★

وە تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بە عەنادی کافرەکان تێك مەچۆ ، ئەم جۆرە عەنادە هەر بووە بە راستی ئێمە پێغەرانمان رەوانە کرد لەناو تایفەکانی ئوممەتە پێشوەکانداو خۆیان لەبەر عەنادی کافرەکاندا گرت •

★ (وَمَا يَأْتِيهِمْ مِنْ رَسُولٍ إلاَّ كانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُنَ) (١١) ★

وە قەت رێك نەکەوتوە پێغەمەرێ بێت بۆ لای تاقمێکیان ئیللا ئەوان گاڵتەیان پێئەکرد •

★ (كَذلِكَ نَسْلُكُهُ في قلوبِ المُجْرِمينَ) (١٢) ★

هەر وەکو ئەوە کە عەنادو گاڵتە کەوتبوە ناو دڵی کافرە پێشوەکانەوە هەر بەو شێوە ئەو گاڵتەو عەنادە ئەخەینە دڵی کافرە تاوانبارەکانی زەمانی تۆو زەمانی ئایندەیش •

★ (لا يُؤمِنونَ بِهِ وقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الأَوَّلِينَ) (١٣) ★

ئەم کافرانەیش ئیمان نایەنن بەو زیکرە کە نازڵ بوە بۆ لای تۆ ، وە بە راستی رابوردوە رەفتاری عەنادی ئومەتە پێشوەکانو هەتا هەتایە ئەمە دەوام ئەکا ، ئیتر تۆ خۆت لەم بابەتەدا دڵگیر مەکە ، لە بەر ئەوە تاقمێ کافرو ناقسێ موسوڵمانە •

وە ئەو شتە ئەو کافرانە هەڵئەنێ بۆ ئەو سەرکێشییە چەن شتێکە :

یەکەم : نەفسیان زۆر بە لایەوە گرانە کە بەندەیی‌و فەرمانبەری خودا بگرنە گەردن •

دووهەم : پێغەمەران بانگیان ئەکەن بۆ تەرکی ئەو رابواردنە کە ئولفەتیان پێوە گرتوەو تەرکی عادەت زۆر گرانە •

سێهەم : ئەگەر قسەی پێغەمەرەکان وەربگرن ئەبێ ببن بە بچووکیانو فەرمانیان وەربگرن ئەوانیش خۆیان لەوان بە گەورەتر ئەزانن‌و زۆر لایان زەحمەتە لەو پایەی خۆیانە بێنە خوارەوە •

چوارەم : زۆربەی پێغەمەرانو پەیرەوەکانیان دارایی دنیایان کەم بوەو زۆر دوورە لە دەماخی پیاوی دارای دەستڕۆیشتوەوە بێتە خوارەوە بۆ هاوڕێیی کۆمەڵێکی گەدای بێ پایەو مایە •

پێنجەم : ئەو کافرانە بە هۆی بیرو باوەڕی نابارو کردەوەی ستەمکارییەوە دڵیان رەش‌و رەق بوەو ئامادەیی وەرگرتنی ئامۆژگارییان نامێنێ ، مەگەر ئەو ئامۆژگارییە کە ببێ بە هۆی مانەوەی ئەو پایەو مایەی دنیای خۆیانە ، بۆ ئەم جۆرە مەبەستە ئامادەیی هەموو تێکۆشان‌و ئامۆژگاری‌و خەرجی دارایییان هەیە •

شەشەم : ئەوانە لەبەر خەریکبوونی مادییات‌و لەزەت‌وەرگرتن لە ئارەزووبازی توانای خۆگرتنەوەو دوورکەوتنەوە لە ئارەزوویان نامێنێ •

تەماشا ئەکەی هەر کاتێ خودا پێغەمەرێکی ناردوە ئەوانە کە بێ دەستەڵات بوون لە بەر ئەوە دڵیان دوور بوە لەو شتانەوە کە باسمان کردن بە ئاسانی ئیمانیان هێناوە بە پێغەمەرەکان مەگەر یەکێکیان کە لە ئیدارەی پیاوێکی خاوەن دەستەڵاتا بووبێ‌و ژیواری لە پەنای ئەوا بووبێ ئەوەندەی توانیوە دەست لەو وەزعی حازرەی خۆی هەڵبگرێ • هەر لەسەر ئەساسی خاڵی بوونی دڵە لە موخالەفات کە تەمێ‌و تەربیە تەئثیر ئەکا لە دڵی منداڵا لە ئەوەڵی منداڵیەوە هەتا لە دنیا حاڵی ئەبێ ؛ چونکی دڵیان شتی موخالیفی راستی تێدا نیە ، بەڵکو دڵیان خاڵیە لە هەموو شتێ‌و ئەگەر تەربیەتی خراپیش ببیسن هەر وەری ئەگرن •

بۆیە زاناکانی وڵاتانی موسوڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانەوە تا ئیمڕۆ کە دنیا گۆڕاوەو وەزعی قوتابخانەو زانستگا وەکو پێشوو نیە ، هەمیشە هاوار ئەکەن کە یاسای تەربیەی منداڵ باش تەماشا بکەن هەتا دین‌و ئایین لە دڵیاندا دابمەزرێ •

رە بە تایبەتی پێویستە هەموو ساڵێ لە کاتی پشووی قوتابخانەدا لە لای مامۆستای دین دەرزی قورئانی پیرۆزو یاسای بیرو باوەڕو کردەوەی

باش‌و ڕەوشتی چاك‌و ئادابی عیبادەت فێر بین ، وە ئەگەر ئـەم باوكانە تەربیەی ئەولادیان نەکەن لە پاش گەورەبوونیان تەمێ‌و تەربیە سوودی نابێ •

بـە تایبەتی لەم چەرخەدا کە لە هەموو ولاتێکدا باری کۆمەلایەتی ڕووی کردوەتە دنیاپەرستی‌و مادەخواهی‌و ئارەزووبازی‌و شەهوەتڕانی ، وە بە هیچ شێوەیێ باسی دین‌و عیبادەت‌و پرسیاری پاشەڕۆژو دۆزەخ‌و بەهەشت لە ئارادا یا نیە یا زۆر کەمە !

وە ئەبێ ئەوەندە بزانن ئادەمیزاد وەکو پەلەوەر وایە هەمیشە دوو بالی ئەوێ بالێکی بۆ وەرگرتنی زانست‌و پیشەی بە سوودو وەرگرتنی سوودی ناو عەرزو سەر عەرزو تەدریبی سوپایی‌و توانای بەرگری لـە دوژمنـانی دین‌و ولات . وە بالێکیـان بۆ دین‌پەرسـتی‌و خوداناسـین‌و بەندەیی‌کردن‌و کـەسبی خوو ڕەوشتی بـەرزو جوان‌کردنی نـەفس بـە مەعنەوییات ، بەلکو ئەگـەر ئەخلاق‌و مەعنەوییات لـە کارا نـەبێ باقی عولوومی مادییە ئینسان زۆرتر دوور ئەخاتەوە لە ئینسانیەت • وە بەراورد کراوە ئەو کەسانە کە لەسەر یاسای ناحەق‌و ناشیرین دەوام ئەکەن وەها حالیان ئەگۆڕێ ئەگەر بە حەواسی خۆیان حەقیقەتێ دەرك بکەن موخالیفی ئەو بیرو باوەڕی خۆیانە بێ موبالاتی پێ ناکەن‌و بە بەتالی ئەزانن ، وەکو خودای تەعالا فەرموویەتی :

★ (وَلَو فَتَحْنَـا عَلَيْهِـمْ باباً مِـنَ السَّماءِ فَظَلُّوا فِيـهِ يَعْرُجُونَ (١٤) لَقـالُوا : إِنَّمـا سُكِّرَتْ أَبْصارُنا بَلْ نَحْـنُ قَوْمٌ مَسْحُورونَ) (١٥) ★

ئەگەر ئێمە دەرگایەکی ئاسمان بکەینەوە بۆ ئەو کافرانەو بە هۆی

بازێ ئەسبابەوە سەربکەون بە ئاسانا هەتا فریشتەکان کە پەنهانن بە چاوی سەر ببینن و گەلێ ئاساری تەوانایی خودایان چاو پێ بکەوێ کاتێ هاتنە خوارەوە لە باتی دان‌نان بە گەورەیی خوداو راستی پێغەمەرەکان و باسکردنی ئەو شتانە کە خۆیان چاویان پێی کەوتوە ئەڵێن: ئێمە چاومان بەسرابو لە دیتنی شت لەسەر واقیع و ئەشیامان بە خیلافی واقیع دیوە نەك تەنیا هەر چاومان عەیبدار کراوە بەڵکو هەر خۆمان جادوومان لێ‌کراوە ئەگەرنا چۆن ئینسان وەها بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان و ئەو شتانەی چاو پێ ئەکەوێ ؟!

★ (ولَقَدْ جَعَلْنا في السَّماءِ بُروجاً وزَيَّنّاهَا لِلنّاظِرِينَ) (١٦) ★

بە راستی ئێمە دروستمان کردوە لە ئاسمانا چەن بورجێ و ئاسمانمان جوان کردوە لە بەرچاوی ئەو کەسانەدا کە تەماشای ئەکەن . وە یاخود بە تەرتیبێکی وەها دروستمان کردوە ئەو کەسانە کە خاوەن بیرن ئیستیفادەی لێ ئەکەن و ئەیکەن بە دەلیل لەسەر وجوودو گەورەیی و تەوانایی خودای تەعالا .

★ (وحَفِظْناهَا مِنْ كُلِّ شَيْطانٍ رَجِيمٍ) (١٧) ★

وە ئاسمانمان پارازتوە لە هەموو شەیتانێکی دوورخراوە لە رەحمەتی خودا . واتە شەیتانەکان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بەرز ببنەوە بۆ ئاسمانەکان و وەسوەسە بخەنە دڵی فریشتەکانی ئاسمانەوەو ناتوانن هیچ شتێ بکەن لە ئاسمانەکانا .

★ (إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُبِينٌ) (١٨) ★

مه‌گه‌ر که‌سێ گوێیـــان لێ بگرێ‌و بیه‌وێ واته‌یێ بدزێ ئـــه‌وه زووبه‌زوو شووڵه ئاگرێ به ئاشکرا ده‌رئه‌چێ‌و لێی ئه‌داو ده‌فعی ئه‌کا .

★ (والأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْزُونٍ) (١٩) ★

وه عه‌رزمان راکێشاوه ، واتـه وامان پان کردوه که گیانله‌به‌ر بـه ئاسایش‌و ئاسانی ژیواری له‌سه‌ر بکه‌ن . ئیتر خواه عه‌رز خڕ بێ یا هێلکه‌یی بێ ، یا به هه‌ر جۆرێ تر . چونکی (کوره) خڕ که زۆر گه‌رده‌واره مادام گه‌وره‌یه هه‌موو ئه‌ندازه‌یێ له‌و وه‌کو ده‌شتێکی پانی گوشاد ده‌رئه‌که‌وێ . وه چه‌ن کێوی به‌رزی دامه‌زراویشمان تێدا دروست کردوه بۆ خاتری چه‌ن سوودێ بۆ گیانله‌به‌ران ؛ وه رواندوومانه له‌و کێوانه‌دا ، یا لـه عه‌رزا چ به‌رزو چ نه‌وی له هه‌موو نه‌وعه شتێ که ئه‌ندازه‌ی بۆ دانراوه به ئه‌ندازه‌یێ که حیکمه‌تی خودا بڕیاری داوه وه یا له‌هه‌ر شتێ که جوان‌و موناسبی ته‌بیعه‌تی ئاده‌میزادو گیانله‌به‌ران بێ ، یا له‌هه‌ر شتێ که کێش‌و قیمه‌ت‌و ئیعتیباری بێ له ناو ئاده‌میزادا ؛ یا له هه‌ر شتێ که له بازاڕدا کێشانه‌ی ئه‌کرێ‌و خه‌ڵکی پێویستی پێی هه‌یه .

★ (وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ) ★

وه قه‌رارمان داوه بۆ ئێوه له عه‌رزا ئه‌و شتانه که ئێوه پێیان ئه‌ژین له خوارده‌مه‌نی‌و به‌رگ‌و پۆشاك ؛ وه ئه‌و شتانه که پێویستن بۆ شارده‌وانی وه‌کو ئه‌و دارانه که به‌کار ئه‌برێن بـۆ خانوو کورسی‌و ته‌خته‌و ئه‌سبابی کشتوکاڵ‌و ... شتی دیکه‌یش که له ژمارد نایه‌ن .

★ (ومَنْ لَسْتُمْ لَهُ بِرازِقِينَ)(٢٠) ★

وه بڕیارمان داوەو دروستمان کردوه لـه عـەرزا هۆی ژایوار بۆ ئەو کەسانە کە ئێوە پەیوەندیتان نیە بە رزقی ئەوانەوە ، وەکو ئەو دارانە کە بە چەن ساڵ لەمەولا ئەگەنە کاتی بەرو بەرامەو ئادەمیزاداتێکی تر ئەیانبەن ، وە یا بۆ ئەو کەسانە کە ئێوە وا گومان ئەبەن کە رۆزییان پێ ئەدەن وەکو خزمەتکارو میوان ، وە لە راستیدا ئێوە رۆزیدەریان نین .

★ (وإنْ مِنْ شَيْءٍ إلاَّ عِنْدَنا خزَائِنُهُ) ★

وە هیچ شتێ نیە کە بێت بە بیری ئینسانێکی هۆشیارا ئیللا لە لای ئێمە گەلێ گەلێ لە عەینی ئەو شتە یاخود لە مادەی تەحویلی ئـەو شتە بە زۆری هەیە ؛ لە هاوینی خاوەن گڕەداو لە زستانی بە وەیشومەدا مادەی بەفرو مادەی شەماڵی لەبار هەیە لە لای خودا .

★ (وما نُنَزِّلُهُ إلاَّ بِقَدَرٍ مَعْلومٍ)(٢١) ★

بەلام ئێمە ئەو شتە نانێرین بۆ خەڵقو دەری ناخەین بە ئەندازەیەکی زانراوی دیاری وەها نەبێ کە موافیقی حیکمەتو زانستی ئێمە بێ .

★ (وارْسَلْنا الرِّياحَ لَواقِحَ) ★

وە بامان ناردوە یا ئەینێرین بە ئاوسیو هەورمان پێك هێنا پێی .

★ (فانْزَلْنا مِنَ السَّماءِ ماءً فاَسْقَيْناكُمُوهُ) ★

جا لـە ئاسمانەوە ئاومـان رژانـدە خوارەوەو کردمان بـە ئاوی خواردنەوەی ئێوە ، وە یا ڕێوراست ئێوە لەو کاتەدا تینوو بوونو ئاوتان لێ خواردەوە .

★ (وما أنْتُمْ لهُ بِخازِنِينَ) (٢٢) ★

وە ئێوە خۆتان ئەزانن ئێوە ئەو ئاوەتان لە ناو گۆمو گۆلو شوێنی تایبەتیدا رانەگرتبوو •

★ (وإنَّا لَنَحْنُ نُحْيي ونُمِيتُ ونَحْنُ الوارِثُونَ) (٢٣) ★

وە هەر وەکو ئەم هەموو کارە سەرسوڕهێنەرانەمان کردوەو لـــە دەستمان هاتوەو لە دەستیشمان دێ •• لەسەر خواستی خۆمان ئەژێنینو ئەمرێنینو هەر خۆمان ماوەینو لە پاش مراندنی گیانلەبەران ئەمێنینەوە •

★ (ولَقَـدْ عَلِمْنـا المُسْتَقْدِمينَ مِنْكُـمْ ولَقَـدْ عَلِمْنـا المُسْتَأخِرِينَ) (٢٤) ★

وە بە راستی ئێمە عالِمو زانایین بەوانە کە لە پێشدا بوون لە ئێوەو بەوانەیش کە لە پاشان هاتوونەتە دنیاوە •

★ (وإنَّ رَبَّكَ هوَ يَحْشُرُهُمْ) ★

وە هەر وەکو خودا زانایە بە وجوودیان زانایشە بە کردەوەی خراپەو چاکەیان، بە راستی خودای تەعالا لـــە پاش ئەوە کە ئەوانەی مراند زیندوویان ئەکاتەوەو گردیان ئەکاتەوە بۆ پرسیارو حسێبی کردەوەیان •

★ (إنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ) (٢٥) ★

بە راستی خودا بە حیکمەتە لە هەر حسێبێکدا بیکاو ، زانایە بـە کردەوەکانیشیان •

★ (ولَقَـدْ خَلَقْنـا الإنْسانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَأٍ مَسْنُونٍ) (٢٦) ★

بە راستی ئێمە لە ئەووەڵەوە ئینسانی یەکەم ، کە ئادەمە ، دروستمان کرد لە قوڕێکی وشك‌بووەوەی وا وەك لە قاڵب درابێ کە پەنجەی پێدا بدرایێ دەنگی ئەدایەوە ، وە ئەو قوڕە رێکخراوەیش لـە قوڕێکی رەشی گۆڕراو بو . یانی ئەو مادەی وجوودی حەزرەتی ئادەمە (د) وەختێ خۆی قوڕێکی رەش بو حازرو ئامادە کرابوو لە بەر مانەوە گۆڕانی بەسـەرا هاتبو جا خودا بە تەوانایی خۆی گۆڕی بە هەیکەلێکی قوڕینی ئینسانیو خانی لە گیانو هەستو ماوەیێ بەو جۆرە مایەوەو پاش ئەوە بە فەرمانی خۆی گیانی کرد بە بەراو پارچەکانی لەشی جیاکردەوە بە ئێسقانو رەگو خوێنو گۆشت بەو جۆرە کە خۆی ئەزانێ تەکوینی حەقایق ئەکا .

★ (وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نَارِ السَّمُومِ) (٢٧) ★

وە باوکی گەورەی پێشووی جینییشم دروست کرد لـــە پێش دروستکردنی ئادەمدا لە مادەیەکی ئاگرینی خاوەن گەرمی زۆر گەرم ، وە ئەم باوکی جینەم لـە عەرزا هێشتەوەو نەتەوەیان زۆر بوو دەستیان کرد بە خراپەکاری لە عالەمدا جا ویستم ئادەم دروست بکەم .

★ (وإذْ قالَ رَبُّكَ : لِلمَلائِكَةِ إنّي خالِقٌ بَشَراً مِنْ صَلْصالٍ مِنْ حَمَأٍ مَسْنونٍ) (٢٨) ★

وە باسی ئەوە بکە کە خودای تۆ فەرمووی بە فریشتەکان : بە راستی من ئینسانێك دروست ئەکەم لـە قوڕێکی ساغی بێ‌غەش کە ئەویش لـە قوڕێکی رەشی گۆڕراوە .

★ (فَاِذَا سَوَّيْتُهُ ونَفَخْتُ فِيهِ مِنْ روحِي فَقَعُوا لَـهُ ساجِدِينَ) (٢٩) ★

جا کاتێ رێکم خستو فووم پیاکرد بە فوویەکی وەها بگەڕێ بـە

هه‌موو ذه‌راتی له‌شیا وه ئه‌و فووه‌یش ده‌رچێ له هێزی ژیانێ که وا لـه ژێر قودره‌ت‌و ته‌وانایی مندا وه بوو بـه گیانداړو ئینسانێکی کامـڵ ••• هه‌مووتان بکه‌ون به‌سه‌ر عه‌رزا به شێوه‌ی سوجده‌بردن بۆ ئه‌و به سوجده‌ی ئیحتیرام‌و ته‌شریف •

★ (فَسَجَدَ المَلائِكَةُ كُلُّهُمْ أجْمَعُونَ (٣٠) إلاَّ إبْلِيسَ أبَى أن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ) (٣١) ★

پاش ئـه‌م فه‌رمـانی خودایـه فریشته‌کان هه‌موویـان سوجده‌ی ئیحتیرامیان بۆ حه‌زره‌تی ئاده‌م برد ، گه‌وره‌و بچووك ، شه‌یتان نه‌بێ ، ئه‌و ده‌ستی هه‌ڵوه‌شان‌و ملی نه‌دا به‌وه که لـه ڕزی سوجده‌به‌ران بێ بۆ ئاده‌م •

★ (قالَ : يا إبْلِيسُ ما لَكَ ألاَّ تَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ؟) (٣٢) ★

خودای ته‌عـالا فه‌رمووی به ئیبلیس : ئـه‌ی ئیبلیس چیت ده‌ست ئه‌که‌وێ له‌وه‌دا که سوجده‌ت نه‌برد له ناو فریشته‌کانا ؟

★ (قالَ : لَمْ أكُنْ لِاَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِنْ صَلْصالٍ مِنْ حَمَأٍ مَسْنُونٍ) (٣٣) ★

شه‌یتان وتی : من له‌وانه نیم که سوجده ببه‌م بۆ ئینسانێ که دروستت کردوه لـه قوڕێکی ساغی وشکه‌وه بوو که لـه ئه‌صڵدا قوڕه ڕه‌شێکی گۆڕراو بوه •

★ (قالَ : فاخْرُجْ مِنْها فإنَّكَ رَجِيمٌ (٣٤) وإنَّ علَيْكَ اللَّعْنَةَ إلى يَوْمِ الدِّينِ) (٣٥) ★

خودای ته‌عالا فه‌رمووی به شه‌یتان : ده‌ی ده‌رچۆ له ئاسمان ، یا

دەرچۆ لە بەهەشت ، یا دەرچۆ لــە ناو فریشتەکان ، بە راستی لــە لایەنی ئێمەوە دەرکراوی لە ناو چاکانا ، وە دوور خراویتەوە لە رێزو ئیعتیبار ، وە بە راستی لەسەر تۆیە نەفرین لە لایەنی منەوە هەتا رۆژێ کە هەموو هۆشیاران لــە ئادەمیزاد و پەری زیندووئەکرێنەوە بۆ پرسیارو حسێبی قیامەت •

★ (قالَ : ربِّ فَأَنْظِرْنِي إلى يَوْمِ يُبْعَثُونَ)(٣٦ ★

شەیتان وتی : خودایە مادام کە تۆ دەرت کردم لە مەقامی رەحمەتی خۆت بــە هۆی ئەم کارەوە دە مۆڵەتم بدە هەتا ئەو رۆژە کــە زیندوو ئەکرێنەوە •

★ (قال : فَإِنَّكَ مِنَ المُنْظَرِينَ (٣٧) إلى يَوْمِ الوَقْتِ المَعْلُومِ) (٣٨) ★

خودا فەرمووی : وا بڕیارم دا کە تۆ لە مۆڵەتدراوانیت هەتا رۆژی ئەو کاتە کە دیاری کراوە بۆ مردنی هەموو گیانلەبەران •

★ (قــالَ : رَبِّ بِمــا أغْوَيْتَنِي لأُزَيِّنَنَّ لَهُــمْ فِي الأَرْضِ وَلأُغْوِيَنَّهُــمْ أجْمَعِيــنَ (٣٩) إلاَّ عِبــادَكَ مِنْهُــمُ المُخْلَصِينَ) (٤٠) ★

جا شەیتان وتی : مادام تۆ لەسەر ئەو سوجدە نەبردنە بۆ ئادەم منت کرد بە یەکێ لە گومڕاهان ، ئەبێ هەمیشە من تێبکۆشم هەرچی گوناەو تاوانباری و بیرو باوەڕی ناشیرین و کردەوەی نایەسەند هەیە جوانیان بکەم لە بەرچاوی ئادەم و نەتەوەکەیا لــە عەرزاو ، هەموویان سەرپاك گومڕا ئەکەم ، مەگەر ئەو بەندە پاکانەت کە ساغت کردوون و هەڵت بژاردوون بۆ ئەوە بەندەیی تۆ بکەن •

★ (قالَ : هذا صِراطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ) (٤١) ★

خودا فه‌رمووی : جیاکردنه‌وه‌ی خاوه‌ن ئیخلاصه‌کان لـه گومڕاه بوون رێگه‌یه‌کی راست‌و یاسایه‌کی دامه‌زراوه له‌سه‌ر خۆمم بڕیار داوه •

★ (إنَّ عِبادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطانٌ إلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الغَاوِينَ) (٤٢) ★

به راستی به‌نده‌کانی من ئه‌وانه که په‌یوه‌ندییان به منه‌وه ساغه هیچ هێزێ‌و هیچ ده‌سه‌لاتێکی تۆیان له‌سه‌ر نیه ، به‌لام ئه‌وانه که‌وا په‌یڕه‌وی تۆ ئه‌که‌ن له گومڕاکان ئه‌وانه ده‌سته‌لاتت هه‌یه که به خه‌یالاتی بێ سه‌رو به‌رو به وه‌سوه‌سه‌ی بێ سوود تووشیان بکه‌ی •

★ (وإنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أجْمَعِينَ (٤٣) لها سَبْعَةُ أبْوابٍ ، لِكُلِّ بَابٍ مِنْهُمْ جُزْءٌ مَقْسومٌ) (٤٤) ★

وه بـه راستی دۆزه‌خ مه‌وعیدی ئه‌وانه بۆ هه‌موویان ، وه دۆزه‌خ حه‌وت قاپی هه‌یه ، که له‌و قاپییانه‌وه ئه‌هلی دۆزه‌خ ئه‌ڕۆنه ژووره‌وه ، وه بۆ هه‌موو ده‌رگایه‌ك له‌و حه‌وت ده‌رگایه به‌شێکی دیاری‌کراو هه‌یه له‌و کافرانه‌و لـه‌و گومڕاهانه ، وه ئـه‌مه ئه‌نجامی ناکامی گومڕاهانه هـه‌تا هه‌تایه •

★ (إنَّ المُتَّقِينَ في جَنَّاتٍ وعُيونٍ) (٤٥) ★

به راستی خاوه‌ن پارێزه‌کانی به‌نده‌کانم وان له ناو چه‌ن باخ‌و بێستان‌و سه‌رچاوه ئاوێکدا •

★ (ادْخُلوهَا بِسَلامٍ آمِنِينَ) (٤٦) ★

کاتێ که لێی نزیك بوونه‌وه فریشته‌کان دێن به پیری ئه‌وانه‌وه‌و پێیان

ئەڵێن : فەرموون بڕۆنە ناو ئەم ماوای جوانەوە بە حاڵێکەوە کە سەلامەتی و دووریە لە ترسی دەرچوون و ئازاری دەروون و ناساغی لەش و ماندووبوون .

★ (وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ) (٤٧) ★

وە دەردێنین ئەوەی کە لە دڵ و دەروونیانا هەبو لە کینەو قاری ماوەی ژیانی دنیا بەرابەر بە یەکتر لە هەر هۆیەکەوە بووبێ ، وە حاڵیان وا ئەبێ وەکو برای خۆشەویستیان پێدێ ، وە لەسەر کورسی بەرزی جوان بە بەرابەری یەکەوە دائەنیشن لە کاتی دیدەنی کردنی یەکتردا .

★ (لَا يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُمْ مِنْهَا بِمُخْرَجِينَ) (٤٨) ★

قەت نادا لەوان لە بەهەشتا ماندووبوونی دڵ و لەش ، وە ئەوانیش لەوانە نین کە لە بەهەشت دەربکرێن ، وە هەتا هەتایە ئەم نیعمەتە پایەدارە بۆیان .

★ (نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٤٩) وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ) (٥٠) ★

مادام ئاگادار بووی بە سەر ئەووەڵ و ئاخری کاری ئادەم و ئیبلیسدا وە لەسەر ئەو ناحەزی و دوژمنایەتیە کە وا لە ناو خۆیان و نەتەوەیانا تۆ ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، خەبەر بدە بە بەندە ساغەکانم بەوە کە من تاوانبەخش و میهرەبانم بۆیان ، وە بە راستی کە کەوتە سزادانی کافران و تاوانبارانیش ئەو سزای کە لە لایەنی منەوە بۆیان دەنێررێ سزایەکی سەخت و نابار و ناهەموارە .

★ (وَنَبِّئْهُمْ عَنْ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ (٥١) إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَاماً . قَالَ : إِنَّا مِنْكُمْ وَجِلُونَ) (٥٢) ★

ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست خه‌به‌ر بده به قه‌ومه‌که‌ت له هاتنی میوانه‌کانی حه‌زره‌تی ئیبراهیم که فریشته‌ی مه‌ئمووری ئێمه بوون له‌و کاته‌دا که چوونه ماڵه‌وه بۆ ژوورو له ناکاوا دابارین به‌سه‌ر ئیبراهیمدا وه له‌و کاته‌دا که هه‌موویان سه‌لامیان له ئیبراهیم کرد له‌به‌ر ئه‌وه که له ناکاوا هاتنه ماڵه‌وه‌و ئه‌و ئه‌و شێوه‌ی نه‌دیبو له پاش جوابدانه‌وه‌ی سه‌لامه‌که‌یان فه‌رمووی : ئێمه له ئێوه ئه‌ترسین : چونکی به بێ ئیزن‌و له‌ناکاوا هاتن‌و به تایبه‌تی که نانیان بۆ هێنان نانیان نه‌خوارد •

★ (قَالُوا : لَا تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ) (٥٣) ★

عه‌رزیان کرد : نه ، مه‌ترسه ئێمه له دۆستانین‌و به راستی موژده‌ت پێ ئه‌ده‌ین به په‌یدابوونی کوڕێکی زانا به کتێبی ئاسمانی‌و زانستی خودایی وه‌کو ئیسحاق بێ •

★ (قَالَ : أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَى أَنْ مَسَّنِيَ الْكِبَرُ ؟! فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ؟) (٥٤) ★

ئه‌ویش به سه‌رسوڕمانه‌وه فه‌رمووی : ئایا موژده‌م پێ ئه‌ده‌ن له‌گه‌ڵ ئه‌م ته‌مه‌نه‌دا که له‌گه‌ڵ منداڵی تازه‌دا ناگونجێ ؟! ماشه‌للا به چ شتێکی سه‌رسوڕهێنه‌ری دنیایی موژده‌م ئه‌ده‌نێ !

★ (قَالُوا : بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ فَلَا تَكُنْ مِنَ الْقَانِطِينَ) (٥٥) ★

ئه‌وانیش فه‌رموویان : موژده‌مان پێداوی به شتێ که راسته‌و تۆ مه‌به به‌وانه که بێ هیوان له که‌ره‌می خودا •

★ (قالَ : ومَنْ يَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ ربِّهِ إلاَّ الضَّالُّونَ ؟) (٥٦) ★

ئەویش فەرمووی : من پیرمو لە تەمەنی پیری خۆم سەرم سوڕئەمێنێ ئەگینا کێ لە رەحمەتو میهرەبانی خودا هیوابڕاو ئەبێ ئەوانە نەبێ کە گومڕانو خودا ناناسن ؟!

★ (قالَ : فَمَا خَطْبُكُمْ أيُّها المُرْسَلونَ ؟)(٥٧) ★

جا کاتێ هێمن بوەوە پێی فەرموون : باشە بەم شێوە کە لە مەئموووری ئیشێکی گەورە ئەچن ئیشتان چیەو بۆچی هاتوون ئەی فریشتە رەوانەکراوەکان ؟

★ (قالُوا : إنَّا اُرْسِلْنا إلى قَوْمٍ مُجْرِمينَ) (٥٨) ★

عەرزیان کرد : ئێمە لە لایەنی خوداوە نێرراوین بۆ لای گەلێکی تاوانبار کە گەلی لوطی برازاتن ، هەموویان لەناو ئەبەین •

★ (إلاَّ آلَ لُوطٍ إنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أجْمَعِينَ (٥٩) إلاَّ امْرَأَتَهُ قدَّرْنا إنَّها لَمِنَ الغَابِرِينَ) (٦٠) ★

کۆمەڵی خانەدانی لوط نەبێ کە موسوڵمانن ، بە راستی هەموو ئەو خانەدانە رزگار ئەکەین ژنەکەی لوط نەبێ ، بڕیارمان داوە لەسەر لەناوبردنی ؛ چونکی بە راستی ئەو ژنە لە کۆمەڵە تاوانبارەکەیە کە دەبێ تێدابچنو چی بۆ ئەوان بێت بۆ ئەویش ئەبێ •

★ (فَلَمَّا جاءَ آلَ لُوطٍ المُرْسَلونَ (٦١) قالَ : إنَّكُمْ قَوْمٌ مُنْكَرُونَ) (٦٢) ★

جا کاتێ ئەو فریشتانە هاتن بۆ لای ماڵی لوط حەزرەتی لوطیش دڵی لێیان ترساو فەرمووی : ئێوە کومەڵێکی نەناسراون ، یا دڵم ئولفەتی نیە لەگەڵتانا لە ترسی ئەوە نەوەك لە لایەنی ئێوە تووشی ئاشووبێك ببم •

★ (قالوا : بَلْ جِئْناكَ بِما كانُوا فِيهِ يَمْتَرونَ) (٦٣) ★

ئەوانیش فەرموویان : نەخەیر ، بۆ ئاشووبو زیانگەیاندن بە تۆ نەهاتووین . بەڵکو هاتووین بە فەرمانبەری لەسەر ئەو سزایە کە گەلەکەت گومانیان هەبوو تیایاو باوەڕیان پێ نەدەکرد لەو کاتانەدا تۆ هەڕەشەت لێ ئەکردن •

★ (وآتَيْناكَ بِالحَقِّ وإنّا لَصادِقُونَ) (٦٤) ★

وە هاتووین بۆ لای تۆ بە فەرمانێکی واقیعی وا کە لەسەر سزادانیان دەرچوودو ئێمە چیت پێ ئەڵێین راستەو ئێمە راستگۆین •

★ (فأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ واتَّبِعْ أَدْبارَهُمْ ولاَ يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ وامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ) (٦٥) ★

تۆ شەوڕەوی بکە بە ماڵو خێزانەکەت لە بەشێکی شەودا ، واتە هێشتا شەوی مابێو بکەوە دوای ئەهلەکەت بە پەلە بیان بە بە ڕێگەدا با دوور بکەونەوە لە وڵاتەکەتانو با کەس لە ئێوە بەرەودوای خۆی لا نەکاتەوەو تەماشای دووکەڵو شوێنەواری وێرانی وڵاتەکە بکاو عەقڵی پەرێشان بێ ؛ وە یاخود بە نەگبەتیو شوومی ئەو گەلە تاوانبارە تووش بێ ؛ وە بڕۆن بۆ ئەو شوێنە کە ئەمرتان پێ ئەکرێ لە لایەنی خوداوە کە بچن بۆی •

★ (وقَضَيْنا إِلَيْهِ ذلِكَ الأَمْرَ) ★

وە وەحیمان کرد بۆ لای لوط ئەو رازە خاوەن نرخە کە ئەمەیە •

★ (أَنَّ دَابِرَ هؤلاءِ مَقْطوعٌ مُصْبِحِينَ) (٦٦) ★

کە پاشماوەی ئەو قەومە بڕاوەتەوە لە حاڵێکدا کەوتنە کاتی بەیانی ،

واتە هەر ولاتێ وێران ببێو هەر کۆمەڵێ بفەوتێن بازێکیان رزگار نەبێو نەبن بە پاشماوە . بەڵام گەلی لوط ئەو پاشماوەیشیانە نامێنێتەوەو هەموو بە جارێ بەرو دوایان ریشەکەن ئەبن •

★ (وجاءَ أهْلُ المَدِينَةِ يَسْتَبْشِرونَ !) (٦٧) ★

کاتێ خەڵکی تاوانباری ولاتی لوط ـدـ ئاگادار بوون لەوە کە لوط میوانی هاتوە هاتن بۆ لای میوانەکانو خۆشامایان کرد بۆ خۆیان بە هاتنی ئەو قەومە بۆ ئەوە کە کاری بەدو بەدئەخلاقییان لەگەڵدا بکەن •

★ (قالَ : إنَّ هؤلاءِ ضَيْفي فَلا تَفْضَحونِ !) (٦٨) ★

حەزرەتی لوط کە بە خەیاڵی ناپاکی گەلەکەی زانیو زانی چ تەمایەکیان بە میوانەکانی هەیە فەرمووی : تکا ئەکەم ئەمانە میوانی خانەدانی ئێمەن ئابڕووم مەبەنو بێشەرمی لەگەڵ ئەو میوانانەدا مەکەن !

★ (واتَّقُوا اللهَ ولاَ تُخْزُونِ) (٦٩) ★

لە خودا بترسنو کاری خراپو فاحیشە لەگەڵ ئەوانا مەکەنو منیش رسوا مەکەن •

★ (قالُوا : أوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ العَالَمِينَ ؟) (٧٠) ★

ئەوانیش بە شێوەی سەرزەنش بە لوطیان وت : تۆ حەقت چیە بەسەر ئەم رجاو تکایەوە ئایا ئێمە لەمەوپێش مەنعمان نەکردی لە پەنادانی عالەم یا لە میوانداری خەڵكو جێکردنەوەی غەریب ؟

★ (قالَ : هؤلاءِ بَناتِي إنْ كُنْتُمْ فاعِلِينَ !) (٧١) ★

ئەویش فەرمووی : قابیل نیە ئینسانێ کە خاوەن ناموس بێ لەم جۆرە کردەوە ناشیرینانە بێ دەنگ بێ ، وە من ئامۆژگاریتان ئەکەم ، ئا

ئه‌و ژنانی خۆتانه که وه‌ك کچانی من وه‌هانه ئاماده‌ن له به‌رده‌ستانا ئه‌گه‌ر ئێوه ئه‌تانه‌وێ نیازی ئاره‌زووی خۆتان به‌کار بێنن . یاخود ئه‌و ژنانه وان له ماڵی مندا کچی منن‌و من ماره‌یان ئه‌که‌م بۆتان‌و پاك‌و ته‌میزو ئاماده‌ن ئه‌گه‌ر ئێوه کاری وه‌ها ئه‌که‌ن .

★ (لَعَمْرُكَ ! إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ) (٧٢) ★

جا خودای ته‌عالا بۆ به‌یانی حاڵی ناهه‌مواری ئه‌و قه‌ومه به‌ده عیسه له‌گه‌ڵ لوطدا ئه‌کاو ئه‌فه‌رموێ : بـه گیانی تۆو به ژیانی تۆ ! ئه‌و که‌له به‌دکرداره له‌سه‌رخۆشی‌و گومڕاهی خۆیاندا سه‌رگه‌ردانن .

★ (فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ) (٧٣) ★

جا ده‌نگی فریشته‌ی خاوه‌ن فه‌رمان . وه یا ده‌نگی بورکانی وڵات وێرانکه‌ر ئه‌و قه‌ومه‌ی له کاتی هه‌تاوکه‌وتنا گرت .

★ (فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا ، وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ) (٧٤) ★

وه لای‌ژووررووی ئه‌و وڵاته‌مان کرد به لای خوارووی . واته ژێرو بانمان کردو ورده به‌ردی له چه‌شنی (سه‌نگی گڵ)مان به‌سه‌را باراندن .

★ (إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْمُتَوَسِّمِينَ)(٧٥) ★

بـه راستی هه‌یه له‌م کاره‌ساته‌دا چه‌ن نیشانه‌و چه‌ن ده‌لیل له‌سه‌ر ته‌وانایی خوداو له‌سه‌ر ئه‌وه که خودا تۆڵه ئه‌سێنێته‌وه له‌وانه که کاری ناپه‌سه‌ند ئه‌که‌ن . وه ئه‌م ده‌لیلانه بۆ ئه‌و که‌سانه‌ن که خاوه‌ن بیرو خاوه‌ن وردین له ته‌ماشاکردنی رووداوه‌کانی جیهانا .

★ (وإنَّها لَبِسَبِيلٍ مُقِيمٍ) (٧٦) ★

وە ئەو نیشانەو دەلیلانە کە دەرکەوتوون لە وێرانکردنی ئەو قەومی لوطەدا وان لە ڕێگەی هاتوچۆتانا بۆ تیجارەتو ژیواری خۆتان •

★ (إنَّ في ذلِكَ لآيَةً لِلمُؤْمِنِينَ) (٧٧) ★

وە بە ڕاستی هەیە لەم جۆرە حەق‌سەندنەدا لـە نامەردان نیشانەی گەورەیی خودا بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خودای تەوانا هەیە •

★ ★ ★

★ (وإنْ كانَ أصْحابُ الأَيْكَةِ لَظالِمِينَ) (٧٨) ★

وە بـە ڕاستی گەلی ناوبراو بـە (اصحاب الایکة) واتـە خاوەن بێشەکان ، ستەمکار بوون •

ئەم گەلە گەلی حەزرەتی شوعەیب بوونو لە وڵاتەکەیانا بێشەڵانو دارستانێکی زۆر پڕو چڕ بوو ، بـە ناوی ئەو دارستانەوە ناسران ، وە خودا شوعەیبی نارد بۆ سەریانو زۆر ئامۆژگاری کردن سوودی نەبوو لە ئەنجاما خودا گەرمای نارد بۆ سەریان حەوت شەوو حەوت ڕۆژ گەرما وا هێرشی برد بۆ سەریان نزیك بو دەماخیان بێتە کوڵ ، وە لە ئاخر ڕۆژا هەورێکی نارد بۆ سەریانو ئەوان ڕۆیشتن بۆ ژێر سێبەری هەورەکە ، وە لەو هەورەوە خودا گڕەیەکی بە تینی دا بە سەریاناو هەموویان مردن ، وەکو لێرەدا خودا ئەفەرموێ •

★ (فانْتَقَمْنا مِنْهُمْ) ★

ئێمە تۆڵەی ئەو هەموو نامەردیەمان لێ وەرگرتن •

★ (وإنّهُما لَبِأَمامٍ مُبِينٍ) (٧٩) ★

وە بە راستی قەومی لوطو قەومی شوعەیب ـ شوێنەوارەکانیان ـ وان لە رێگەتانا کە ئەڕۆن بۆ میصرو رێگەکەتان دیارە لە بەرچاوتانا •

★ ★ ★

★ (ولقَدْ كَذَّبَ أصْحَابُ الحِجْرِ المُرْسَلِينَ)(٨٠) ★

وە بە راستی ئەو گەلە کە ناویان ئەبرێ بە (اصحاب الحجر) کە قەومی (ثەمود)ن باوەڕیان بە حەزرەتی صالح نەکردو بە درۆیان خستەوە • وە چونکە ئەویان بە درۆخستەوە وەك ئەوە وایە کە هەموو پێغەمەرەکانیان بە درۆخستبێتەوە ؛ چونکی هەموو پێغەمەران یەك رێبازیان هەبوە کە خەڵك بانگکردنە بۆ خودا بەیەك ناسین •

★ (وآتَيْنَاهُمْ آياتِنا فكانُوا عَنْها مُعْرِضِينَ) (٨١) ★

وە چەن موعجیزاتمان پێدانو نیشانمان دان بۆ ئەوە کە لە بتپەرستی دەسبەردار بنو روو بکەنە خوداناسی راستو • ئەو موعجیزانە وەکو دەرهێنانی وشترێ بە بەچکەوە لە بەردێکی تایبەتی کە خۆیان دیاریان کردبو ، وە لەوە کە رۆژێ هەموو ئاوی بیرەکەی ئەخواردەوە لەگەڵ بەچکەکەیا ، وە بە قەی هەموو وشترەکانی ئەوانیش شیری ئەدا ؛ وە لەگەڵ ئەم شتە لەیاسا بەدەرانەدا ئەوان هەر پشتیان کردە هەموویانو موبالاتیان پێ نەکردن •

★ (وكانُوا يَنْحِتُونَ مِنَ الجِبالِ بُيوتاً آمِنِينَ) (٨٢) ★

وە ئەم قەومە گەلێ نیعمەتی خودایان لەسەر بو : لەو وڵاتەدا دامەزرانو هێزیان پەیدا کرد بەسەر وڵاتەکەدا ، فێری پیشەی بەردتاشین

بوون‌و حاڵیان وا بو لەو کێوە بەردینانە خانووی خۆشیان ئەتاشی بۆ ئاسایشی خۆیان وە بۆ ئەوە کە دوژمن نەڕوا بەسەریانا . وە مانەوە لەو خانوانەدا بە ئەمینی لە دوژمن •

★ (فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ) (٨٣) ★

بەڵام لەبەر ئەوە کە پشتیان کردە ئەو هەموو شتە لە یاسا بەدەرەو ئەو موعجیزانە کە نیشانمان دان‌و ئازاری دڵی صاڵحیان دا ئێمەیش تۆڵەمان لێ سەندن‌و دەنگی فریشتەی ئێمە لە بەرەبەیانا گرتنی •

★ (فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) (٨٤) ★

وە ئەو خۆقایمکردن‌و ماڵ‌و داراییە ـکە پێمدابوون هیچ سوودی پێ نەدان‌و هیچی بۆ نەکردن • وە خودا عادەتی وایە کاتێ گەلێ بەرباد بکا دەستیان لە هەموو یارمەتیدانێ ، لە هەر کەسێکەوە بێ ، ئەبڕێ •

★ (وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَإِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ) (٨٥) ★

ئێمە ئەم ئاسمانەو عەرزو ئەوەی لە ناوبەینی ئەمانەدا دروستمان نەکردوە بە دروستکردنێکی حەق‌و لەگەڵ حیکمەت‌و یاسای عەدالەتا نەبێ . وە هەرکەسێ یا هەر کۆمەڵێ کە لە یاسای حەق لابدا هەرچەند لە ماوەیەکدا مۆڵەتیان بدەم بەڵام لە ئەنجاما تۆڵەیان لێ ئەستێنم‌و لە دەستم دەرناچن ، وە بە ڕاستی ڕۆژی پاشەڕۆژیش بێ‌گومان دێ ، جا بە تەواوی هەموو داوایێ فەصڵ ئەکرێ‌و هەرکەسێ بە حەقی خۆی ئەگا ، مادام وایە تۆ حیلم‌و حەوسەڵەت بێ‌و دڵگران مەبە •

★ (إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الخَلاَّقُ العَلِيمُ) (٨٦) ★

بە راستی خودای تۆ عالەمی دروستکردوەو ئەو زانایە بە رازو نیازی هەموو ئادەمیزادو پەریو غەیری ئەوان . ئیتر بۆ ئەوە ناشێ کە لە پاش ئەوە ریسالەتی خۆتت گەیاند بە هۆشیاران خۆت زۆر ماندوو بکەی .

★ (وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعاً مِنَ المَثَانِي وَالقُرْآنَ العَظِيمَ) (٨٧) ★

وە بە راستی ئێمە داومانە بە تۆ حەوت ئایەتی قورئان لەو ئایەتانە کە لە هەموو رۆژو شەوێکدا چەن جار لە نوێژا دووپات ئەکرێنەوە ، وە زیاد لەم حەوت ئایەتە باقی قورئانی خاوەن پایەو مایەیشم پێداوی کە خەبەری ئەووەڵو ئاخری هەردو جیهانی تێدایە کە پڕە لە دەرزو ئامۆژگاریو دامەزراندنی یاسای بەندەیی خوداو ، ئیدارەی ژیانی ئینسانانەو پەیداکردنی فەرمانداریو ژیواری بەحورمەت ، وە تا دنیا بێ ئەم قورئانە گەورە سەرچاوەی سوود ئەبێ بۆ ئوممەتەکەتو مایەی بەرزی ئەبێ جا ئیتر دارایی‌و بەشی باش لەمە زیاتر چۆن ئەبێو بۆ کێ بوە ؟

★ (لاَ تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجاً مِنْهُمْ) ★

ئیتر مەڕوانەو چاو مەبڕە ئەوشتانە کە کردوومانن بە مایەی لەزەتو رابواردنی کۆمەڵێ لەو کافرانە ؛ چونکی هەموو ئەوانە ئەووەڵو ئاخر ، بە نیسبەتی ئەوەی داومانە بە تۆ قیمەتی نیە .

★ (وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ) ★

وە دڵگرانو زویر مەبە لەوان ئەگەر ئیمانیان نەهێنا : تۆ ئەوەی لەسەرتە بە جێگەی بێنە .

★ (واخْفِضْ جَناحَكَ لِلمُؤْمِنينَ) (٨٨) ★

وە باڵی میهرەبانی خۆت رابخە بۆ موسوڵمانەکان ؛ چونکی هەر ئەوانن سوپای دنیای تۆ ، وە مایەی بەرزی پایەی قیامەت بۆ تۆ ؛ چونکە هەتا ئەوان عیبادەتی خودا بکەن تۆ پایەت بەرزتر ئەبێتەوە لە لای حودا •

★ (وقُلْ : إنّي أنا النَّذيرُ الْمُبينُ) (٨٩) ★

وە بە ئاشکرا پێیان بفەرموو : بە راستی هەر منم ترسێنەرێکی وا کە ئینزارو ترساندنەکەم بە ئاشکرا بگات بە ئێوە •

★ (كَما أنْزَلْنا عَلى المُقْتَسِمينَ (٩٠) الَّذينَ جَعَلُوا القُرْآنَ عِضِينَ) (٩١) ★

وە ئینزارتان ئەکەم بە وێنەی ئەو سزا کە حەواڵەمان کرد بۆ سەر ئەو کافرانە کە رێگەکانی شاری مەکەیان ئەگرت لە کاتی حەجدا ، لە پێش کۆچی حەزرەتو لە دوای کۆچی حەزرەتدا ـ تا کاتی فەتحی مەکە ، بۆ ئەوە کە مەنعی حاجیانی عەرەب بکەن لە ئیمانهێنان بە حەزرەت ـ وە لەبەر ئەوە کە رێگەکانیان لە ناو خۆیانا بەش ئەکرد ، وە هەرکەسێ ئەڕۆیشت بۆ یەکێ لەو رێگانە ناوبران بە (مقتسمين) •

یاخود (مقتسمين) ئەو موشریکانەن کە قورئانیان بەش بەش ئەکردو بە بازێکیان ئەوت : ئەمە شیعرەو ، بە بازێکی تریان ئەوت : ئەمە سیحرو جادوەو ، بە بازێکی : ئەمە کەهانەو خەبەردانە لە پەنامەکی بە گۆترەو خەیاڵاتو ، بازێکی تریان بە ئەفسانەو قسەی کۆنی گەلانی پێشو دائەنا •

وە یاخود (مقتسمين) ئەو کافرانی کیتابیەن کە هەرچی لە قورئانا موافیقی کتێبی خۆیان بو باوەڕیان پێ ئەکرد ، وە هەرچی پێچەوانەی بو ئینکاریان ئەکرد •••

بە هەرحاڵ ئەو کافرانە کە قورئانیان وەها بەش بەش ئەکرد هەر یەکێ بە دەردێ گیرۆدە بوو کە لە ناو خۆیانا مەعلووم بوو ، بازێ لە بەدراو . بازێ لە حونەیناو ، بازێ رووداوی قورەیظەی بینی ... وە ئەم سزایانە کە پێیان گیرۆدە بوون سزای دنیا بو ، وە سزای قیامەتیشیان ماوە . وەکو خودا ئەفەرموێت :

★ (فَوَرَبِّكَ ! لَنَسْأَلَنَّهُمْ أجْمَعِينَ (٩٢) عمّا كانوا يَعْمَلونَ) (٩٣) ★

قەسەم بەو خودایە تۆی پەروەردە کرد لە بچووکیەوە بۆ گەورەیی‌و ، لە نەبوونیەوە بۆ دارایی‌و . لە بێدەستەلاتیەوە بۆ دەستەلاتداری‌و ، لە نەزانینی مەعنەوییاتی نوبوەت‌و ریسالەتەوە بۆ زانایی بەو مەقامانەو دارایی ئەو مەقامانەو رەهنموونی هۆشیارانی عالەم بۆ رێگەی حەق .. پرسیار ئەکەین لەو کافرانە لەو کردەوانەی کە لە دنیادا دەربارەی تۆ کردیان‌و ئەیکەن .

★ (فاصْدَعْ بِما تُؤْمَرُ وأعْرِضْ عَنِ المُشْرِكينَ) (٩٤) ★

تۆ ئەوەی بۆت هاتوە بە وەحی لە خودا بەیەکناسین‌و لە ئەحکامی دین بە ئاشکرا دەری ببڕەو هەموو لایەکیان تێبگەیەنە هەتا ببێ بە بەڵگە بەسەریانەوە بۆ رۆژی پرسیار لە قیامەتا ، وە موبالات مەکە بە کافرە موشریکەکان ، هەرچی ئەڵێن‌و هەرچی ئەکەن قیمەتی نیەو ، لە ئەنجاما دینی تۆ سەرئەکەوێ .

★ (إنّا كَفَيْناكَ المُسْتَهْزِئِينَ (٩٥) الّذِينَ يَجْعلونَ مَعَ اللهِ إلهاً آخَرَ ، فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ !) (٩٦) ★

ئێمە تۆمان بێ نیازو بێ ئیحتیاج کردوە لە دەفعی ئەو کافرانە کە

گاڵتەیان بە تۆ ئەکرد • وە ئەوانە (ولیدی کوڕی مغیرە)و (عاصی کوڕی وائیل)و (عدیی کوڕی قیس)و (اسودی کوڕی مطلب)و (اسودی کوڕی عبد یغوث) ، وە هەر کام لەمانەم بە جۆرێ لەناوبرد • ئەڵێن : وەلیدی کوڕی مغیرە رابورد بە لای کابرایەکدا سەرەڕمی دروست ئەکرد وە تەراشێ چوو بە پێیداو گوێی پێ نەدا تا ئاودزی کردو ئاوساو بەو برینە مرد •

وە عاصی کوڕی وائیل رۆژێ رۆیشت بە سواری بۆ سەیرانو لە شوێنێکدا دابەزیو دڕکێ چو بە پاژنەیا ، ئەویش ئاودزی کردو پێی ئاوساو مرد •

وە عەدیی کوڕی قەیس تووشی ناساغیەك هات جەراعەت لە لووتیەوە دەرئەچوو بە ناشیرینی مرد •

وە ئەسوەدی کوڕی (مطلب) حەزرەتی جوبرەئیل گەڵایەکی سەوزی دا بە چاویاو چاوی کەوتەژانو بەو ژانەوە مایەوە تا گیانی دەرچو •

وە ئەسوەدی کوڕی عەبدی یەغوث تووشی ناساغی ئیسقا بوو بەو دەردە مرد • وە بەم جۆرە شەڕیان لە کۆڵی موسوڵمانان کەوت • (والحمد لله) •

★ (ولَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِما يَقُولُونَ) (٩٧) ★

ئێمە ئەزانین کە تۆ دڵت تەنگ ئەبێو سینەت گران ئەبێ بەو قسە تاڵانەو بەو گەپوگاڵتانەو بەو کەلیمەی کوفرو شیرکەو بەو تانەو رەمزو سووککردنە کە لەوانەوە پەیدا ئەبێو جەزای ئەوان ئەدەینەوە لە سەر

کرده‌وه‌که‌یان ، وه پایه‌ی تۆیش به‌رز ئه‌که‌ینه‌وه له سه‌برو خۆگرتنه‌که‌تدا .

★ (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ) ★

دائیماروو بکه‌ره لای خوداو په‌نای بۆ ببه به ته‌سبیح‌و ستایشی ئه‌و .

★ (وكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ) (٩٨) ★

وه له‌وانه به که نوێژ ئه‌که‌ن‌و سوجده بۆ خودا ئه‌به‌ن .

★ (واعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ اليَقِينُ) (٩٩) ★

وه به‌نده‌یی بکه بۆ په‌روه‌ردگاری خۆت به ده‌وام هه‌تا مردنت‌و ئاکامت بۆ دێ ، که شتێکه مه‌علووم یه‌قینه‌و گومانی تێدا نیه‌و راسته .

سوورەتی (نەحل)

مەکی‌یە سێ ئایەتی کۆتایی نەبێ ئەوانە مەدەنین ، ١٢٨ ئایەتە •

★ (أتى أمْـرُ اللهِ فَـلا تَسْتَعْجِلوهُ سُـبْحانَهُ وتَعـالى عَمَّـا يُشْرِكُونَ) (١) ★

حەزرەت ـدـ رەفتاری لەگەڵ کافرەکاندا ئەمە بو قورئانی بەسەرا ئەخوێندنەوەو موژدەی ئەدا بەوانـــە کە موسوڵمان ئەبن‌و ئینزاری ئەوانەیشی ئەکرد کە موسوڵمان نابن بـە دوو شت : یەکەم سزای دنیا ، دووهەم سزای پاشەڕۆژ •

جا کافرەکان لەبەر ئەوە کوتوپڕ سزای دنیایان چاو پێ‌نەدەکەوت‌و سزای پاشەڕۆژ لەم دنیادا نیە زۆر جار گاڵتەیان بە حەزرەت ئەکرد لـــە کاتی ئینزارو ترساندنیانا ، جا خودای تەعالا بۆ ئەوە هەڕەشەیان لێ بکا لەو غەفڵەتەو لەو بێ‌موبالاتیە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە •

واتە : فەرمانی خودا بە ئیستیحقاقی کافرەکان لەسەر سزای دنیایان هاتەخوارەوە دامەزراوەو دێتـە جێگە ئیتر پەلەپەل بۆ هـاتنی مەکـەن ، وە ئەو سزایش لەسەر ئەوەیە کە ئەو کافرانە شەریك بۆ خـودا بڕیـار ئەدەن خودای تەعالا دوورە لەو هاوڕێ بۆ دانانەی کە کافرەکان وان لە سـەری •

★ (يُنَزِّلُ الْمَلائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلى مَنْ يَشاءُ مِنْ عِبادِهِ : أَنْ أَنْذِرُوا أَنَّهُ لا إِلهَ إِلاَّ أَنَا فاتَّقُونِ) (٢) ★

خودای تەعالا فریشتەکان نازڵ ئەکاو رەوانەیان ئەکا لەگەڵ وەحیو ئایاتی خۆیدا کە رۆحی عەقڵو شوعووری ئادەمیزادە بە ناردنێکی وا کە بە ئیختیارو خاترخواهی خۆیەتی بۆ سەر هەر کەسێ خواستی بێ لە بەندەکانی وەکو ئیبراهیمو موساو عیساو محەمەد (د) ، وە فەرمان ئەدا بەو کەسانە کە وەحی دێتە سەریان کە ئەوهۆشیارانە هەموو بترسێنن لە هاوڕێ بڕیاردان بۆ خوداو ، باسی ئەوەیان بۆ بکەن کە کەس نیە بە راستی بەندەیی بۆ بکرێو شیاوی فەرمانداری بێ مەگەر من کە (واجب الوجود)و پەروەردگاری جیهانم ، کە وابێ بەندەیی هەر بۆ من بکەنو هەر لە من بترسن •

بزانن ! لەم ئایەتەدا تەفسیری (روح) بە (وحی) کرایەوە ؛ چونکی وەحی خودا کە دێتەخوارەوە رۆحی عەقڵەو عەقڵ نوورانی ئەکاو عەقڵیش رۆحە بۆ دڵو دڵ رووناك ئەکاتەوە ، وە دڵ کە پەیوەندی هەیە بە زانستەوە رۆحی لەشی ئینسانە کە وابێ وەحی رۆحی ئەرواحە ، وە جار بەجاریش رۆح ئەکرێ بە ناو بۆ نەفسی فریشتە ، لە بەر ئەوە کە مادام لەگەڵ وەحیدا دێتەخوارەوە ، وە وەحی رۆحی عەقڵە وەکو ئیستە وتمان ، کە وابێ وەك ئەوەیە فریشتەکە خۆی رۆحە •

وە کەلیمەی مەلائیکە لەم شوێنەدا بە صیغەی جەمع لەبەر ئەوەیە گەلێ جار لەگەڵ جوبرەئیلدا کە فریشتەی وەحیە پۆل پۆل مەلائیکە دێنە خوارەوە یا هەر لەبەر تەشریفە بۆ جوبرەئیل کە بە لەفزی جەمع باسی ئەکا •

★ (خَلَقَ السَّماواتِ والأَرْضَ بِالحَقِّ ـ تعالی عمَّا يُشْرِكُونَ ـ) (٣) ★

خودای تەعالا ئاسمانەکان‌و عەرزی بە حەق دروست کردوە بە بێ ئەوە کەس دەخل‌و عەلاقەی ببێ بەم ئیبداعەوە کە وابێ خودای عالەم زۆر بەرزەو دوورە لەوانەوە کە ئەم کافرانە بڕیاریان ئەدەن بە هاوڕێ بۆ ئەو •

★ (خلَقَ الإِنْسانَ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ) (٤) ★

خودای تەعالا ئینسانی یەکەمی لە گڵ دروست‌کردو ئینسانی دووهەم کە حەوایە دروستی کرد لە بازێ لەشی ئەو ، وەکو ریوایەت کراوە حەوای دروست‌کردوە لە پەراسوویەك لە پەراسوەکانی لای چەپی حەزرەتی ئادەم (د) وە ئینسانی سێهەم‌و باقی ئینسانەکانی دروست کردوە لە تنۆکێ ئاوی (تۆم) ، وە پەروەردەی کردوە لە ئاویەوە بوە بە خوێن‌و ، لە خوێنەوە بوە بە گۆشت‌و رەگ‌و ئێسقان ، وە لە پاش ئەوە وادەی دەرچوونی دێ دەری‌کردوە بۆ دنیاو لە دنیادا لە لاوازی‌و لە بێ هێزیەوە قەڵەوی ئەکاو هێزی پێ ئەدا جا شوعووری پێ ئەدا ، وە بە گەلێ شتی پەنامەکی ئەزانێ ، وە پاش ئەوە رێگەی پەیداکردنی رزق‌و رۆزی‌و پایەو مایەی دنیای پێ‌نیشان ئەدا ، لەگەڵ ئەم هەموو پلە پلەدا کە ئینسان پیادا بەرز ئەبێتەوە کە شیاوی ئەوەیە بیر بکاتەوەو تێ بگا کە خۆی لە خۆیەوە نەبوە بەم زاتە خاوەن پایەو مایە ، وە بێ گومان پەروەردگارێکی خاوەن دەسەڵاتی زیندووی زانای تەوانای پێویستە ، کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەبێ بە ئینسانێکی داواچی بۆ نەبوونی پەروەردگار ، وە چاوی خۆی ئەنێ بە یەکاو لەم هەموو ئاسارە کە لە خۆیا هەیەو بە بێ دروستکەر

نابن . وە لە دروستکەری بێ شوعووردەوە لەوانە نیە بێنە دی . وە رووناکا لە باوەڕ بە پەروەردگار . وە ئەمە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە لە پاداشی نیعمەتا بێ سوپاسی دەربخا •

★ (والأَنْعامَ خَلَقَها لَكُمْ فِيها دِفْءٌ ومَنافِعُ ومِنْها تَأْكُلُونَ) (٥) ★

وە خودای تەعالا وشترو گاو مەڕو بزنی دروستکردوە بە تەوانایی خۆی ، وە هەیە بۆ ئێوە لە سوودی ئەوا بەرگێ کە ئەبێ بە هۆی گەرمی لەشتان لە کاتی ساردی هەوادا ، وە گەلێ سوودی تر وەکو شیرو دۆو رۆنو پەنیرو کەشك ••• وە سواربوونیانو بارپێبردنیان ، وە لە نەفسی خۆیان ئەخۆن ، واتە سەریان ئەبڕنو گۆشتەکەیان ئەخۆن •

★ (ولَكُمْ فِيها جَمالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وحِينَ تَسْرَحُونَ) (٦) ★

وە هەیە بۆ ئێوە لەو حەیوانانەدا دیمەنی جوانو ئیعتیبار بۆ خۆتان لەو کاتانەدا کە لە ئێوارانا ئەیانهێننەوە لە دەشتو دەرەوە بۆ ماڵەوە وە لەو کاتەدا کە سبەینێکان بەرەڵایان ئەکەن بۆ لەوەڕان •

★ (وتَحْمِلُ أَثْقالَكُمْ إلى بَلَدٍ لَمْ تَكونُوا بالِغِيهِ إلاَّ بِشِقِّ الأَنْفُسِ ، إنَّ ربَّكُمْ لَرؤفٌ رَحِيمٌ) (٧) ★

وە ئەو حەیوانانە بارە قورسەکانتان هەڵئەگرن بۆ شارانێ کە ئێوە لەوانە نەبوون پێیان بگەن مەگەر بە زەحمەتی نەفس بە بۆنەی هەڵگرتنیانەوە ، بە راستی پەروەردگاری ئێوە خاوەن مەیلو میهرەبانە کە وەها ئەسبابی ئاسایشی بۆ ئێوە دروست کردوە •

★ (والخَيْلَ والبِغالَ والحَمِيرَ لِتَرْكَبُوها وزِينَةً ، ويَخْلُقُ ما لا تَعْلَمونَ) (٨) ★

وە خودای تەعالا دروستی کردوە بۆ ئێوە ئەسپ‌و ماین‌و هێسترو کەر بۆ ئەوە کە سوارییان پێ بکەن‌و بیانکەن بە هۆی جوانی بۆ خۆتان ، وە هەروا دروست ئەکا بۆ ئێوە ئەوەی کە ئێوە نایزانن وە بەکار ئەبرێن بۆ سواری‌و زینەت‌و جوانی ؛ وەکو فڕۆکەی ئاسمانی‌و ساروخ . وە ئوتومبیل لە عەرزی وشکاندا ، وە کەشتی‌و قەیاخ‌و ••• لە دەریادا ، وە غەیری ئەمانە لەو شتانە کە خودای تەعالا پاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە تەوفیقی ئادەمیزادی داوە بۆ دروستکردنیان‌و بەکارهێنانیان •

★ (وعَلَى اللهِ قَصْدُ السَّبِيلِ ومِنْها جائِرٌ ولَوْ شاءَ لَهداكُمْ أجْمَعِينَ) (٩) ★

وە لەسەر خودایە بەیانکردنی رێگەی راستی بەرەو حەقیقەت‌و واقیع وەکو رێگەی عەقیدەو بیروباوەڕی ئیسلامی وە لەو رێگانەیشە کە ئادەمیزادی بەسەرا ئەڕوا رێگەی لارو نارەوا وەکو رێگەی شەریك قەرارداد بۆ خوداو رێگەی ئاشووب‌و فیتنەنانەوە لە جیهانا ، وە رێگەی کردەوەی ئارەزووبازی‌و ستەم لە داماوان کردن ••• وە ئەگەر خواستی ببوایە هەمووتانی شارەزا ئەکرد بۆ رێگەی موناسب‌و راست لە بیرو باوەڕو کردەوەدا ، بەڵام ئەو خواستەی بۆ هەموو کەس نەبوە بەڵکو هەر بۆ ئەوانەیە کە ئیختیاری خۆیان داوە بە دەستی عەقڵ‌و هۆشی ساغەوەو ئەڕۆن بە رێگەدا بە راوێژو بیرکردنەوە لە رۆژو پاشەڕۆژ ، وە هەرکەسێ عەزم‌و ئیختیاری خۆی وەها بخاتە کارەوە بێ گومان خودای میهرەبان

یارمەتی ئەداو شتی تاریکی بۆ رووناك ئەکاتەوەو شتی گرانی بۆ ئاسان ئەکاو پایەداری ئەکا لەسەر ژیانی پیرۆزی هەردوو جیهان •

★ (هو الَّذي أنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً لَكُمْ مِنْهُ شَرابٌ ومِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمونَ) (١٠) ★

خودا خوایەکی وەهایە لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ باراندوون ، بۆ ئێوە هەیە لەو ئاوە ئەوەی خۆتانو گیانلەبەرانی پێویستی خۆتان ئەیخۆنەوە ، وە هەر بە هۆی ئاوەوە گیای وا ئەڕوێ کە حەیوانەکانتان لەو گیا ئەلەوەڕێن •

★ (يُنْبِتُ لَكُمْ بِهِ الزَّرْعَ والزَّيْتونَ والنَّخِيلَ والأعْنابَ ومِنْ كُلِّ الثَّمَراتِ ، إنَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرونَ) (١١) ★

وە خودا رواندوویەتیو ئەڕوێنێ بۆ ئێوە کشتوکاڵێ کە هۆی ژیوارتانە ، وەکو : گەنمو ، جۆو ، زەڕاتو ، چەڵتووکو ، داری زەیتوون بۆ ئەوەی رۆنەکەی بگرن بۆ چێشتو بۆ دەرمان وە دانەکەی بخۆن بۆ پێخۆر ، وە خورماو ترێی جۆراو جۆر ، وە لە داری بەرداری جۆراو جۆر لەوانەی کە ئادەمیزاد لە باخاتا پەروەردەیان ئەکا ، وە لەوانەیش لە کێوانا ئەڕوێن بە خواستی خۆیانو بێ کەس • وە بە راستی هەیە لەم دروستکردنو بەدیهێنانەدا نیشانەی بەنرخ بۆ ئەو گەلە کە بیر ئەکەنەوە لە مادەی ژیواری ئادەمیزادا •

★ (وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ، وَالشَّمْسَ وَالقَمَرَ ، وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (١٢) ★

وە خودای تەعالا زەمانی شەوو رۆژی رامکردوە بۆ ژیواری ئێوە ، رۆژ بۆ پەیداکردنی رزقو رۆزیو شـەو بۆ ئاسایشکردن ، وە رۆژو مانگی بۆ رامکردوون رۆژ بۆ پرتەو رژاندن بە سەر زەویو گیاو دارو کشتوکاڵ . وە بۆ بەخێوکردنی گیانلەبەران ، وە مانگ بۆ رووناکی شەوان بۆ هاتوچۆو کاروان ، وە بۆ هەڵکشانو داکشانی دەریاکان ، وە هەموو ئەستێرەکانی تریش هەموویان رامو ئامادەن بۆ بەجێهێنانی کاری خـۆیان بە ئەمری خودا ، وە بە راستی لەم کارانەدا گەلێ گەلێ نیشانە هەیە لەسەر بوونو تەواناییو میهرەبانی خـودا بۆ گەلێ کە عـەقڵی بیرکردنەوەو دەلیلهێنانەوەیان هەیە .

★ (وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الأَرْضِ مُخْتَلِفاً أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ) (١٣) ★

وە خودا دروستی کردوە بۆ ئێوە لەوەی وا لە عەرزا لە گیانلەبەرو لـە داری بەرو لەوەی سوودیان لێوەرئەگرن ، بە حاڵێ کە رەنگیان لـە یەك جیایە هەرچەند کە لەیەك نەتەوەو یەك ریشەن ، بە راستی هەیە لـەم گۆڕینی کارانەدا نیشانەی گەورەییو تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە توانای بیرکردنەوەیان هەیەو بیریش بکەنەوە .

★ (وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ البَحْرَ لِتَأْكُلُوا مِنْهُ لَحْماً طَرِيّاً ، وَتَسْتَخْرِجُوا مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ، وَتَرَى الفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ . وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (١٤) ★

خودا خودایەکە دەریای رام‌کردوە بۆ ئێــوە بۆ ئەوە کە گۆشتی ناسکی لێ دەربکەن بە هۆی راوی ماسیەوەو بیخۆن . وە بۆ ئەوە کــە دەربکەن لــە دەریا خشلێکی وا ئەیپۆشن‌و خۆتــان‌و ژنــەکاتتانی پێ ئەرازێننەوە ، وە ئەبینی کەشتیەکان لە دەریادا ئاوەکەی لەت ئەکەن بۆ ئەوە کە هاتوچۆ بکەن بەسەریا لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر بۆ دەیدەنی‌و زیارەت‌و بۆ ئەوە کە پەیدا بکەن بازێ لەو نیعمەتانە کە خودا بە کەرەمی خۆی دایناوە بۆ ژیانی ئێوە بۆ ئەوە ژیواری پێ بکەن ، وە بە هیوای ئەوە سوپاسی ئــەو خــودا بکــەن کــە هۆی زیارەت‌و تیجــارەت‌و خواردەمەنی پەیداکردنی بۆ گونجاندوون .

بزانن ! لە جوملەی زینەتێکە خــــودا دروستی کردوە لــــە دەریادا (مەرجان) کە گیایەکە لە دەریادا پەیدا ئەبێ‌و لە ماوەی دە سالا پێ‌ئەگا ، وە ئەبێ لە ژێر ئاوا بێ‌و نابێ هەتاو لێی بداو شوێنەکەیشی ئەبێ لای کەمی (٣٠) سی مەتر قووڵ بێ .

★ (وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنهاراً وَسُبُلاً لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) (١٥) ★

وە خودا دای‌خستوە لە زەویدا چەن کێوێکی بەرزو بڵند نەبادا زەوی لاربێتەوە بەسەرتاناو کێش‌و باری تێك بچێ ، وە لەم زەویەدا بە هۆی ئەو باران‌و سەرچاوە ئاوانەوە چەن روبارێکی گەورەو بچووکی دروست کردوە بازێکیان بۆ خۆرهەلات‌و بازێکیان بۆ خۆرئاواو بازێ بۆ باکوورو بازێکی بۆ باشوور رەوان ئەبن هەتا ئەگەن بە دەریاکان ، هەروا دروستی کردوە بۆتان چەن رێگایێ ؛ واتە لەو زەویەدا یا لە کێوەکانا چەن شوێنێکی وەهای دروست کردوە کە بۆ ئەوە ئەشێن بکرێن بــە رێگای هاتوچۆو ئادەمیزاد بە سەلامەتی پیایانا بڕوا بۆ شوێنێ کە بیانەوێ .

★ (وعَلامَاتٍ وبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ) (١٦) ★

وە لە زەویداو لە کێوەکانا چەن نیشانەیەکی بۆ دروستکردوون کە ئەبن بە هۆی شارەزاییو راگرتنی رێگە تا ئەگەن بەو شوێنە ئەیانەوێ بۆی بڕۆن ، بۆ نموونە : لە سارای پاناوەری دوور بە هۆی بازە کێوێکەوە نەبێ ئادەمیزاد ون ئەبن ، هەروا لە بازە کێوێکدا ئەگەر بازە شانەو ملەبێ نەکرێ بە نیشانە هەموو کەس رێگە ون ئەکەن بە تایبەتی لە کاتی بەفرا کە ئەو ولاتە بە بەفر داپۆشرابێ • وە هەم خودا ئەستێرەی کردوە بە نیشانە بۆ رێگەی کاروان بۆ کاتی کشتوکاڵ وە بۆ گردکردنەوەی رزقو رۆزیو ژیواری ئینسانو باقی گیانلەبەران بە هۆی دەرکەوتنی نەوانەوە یا ئاوابوونیان ، یا وەزعی ئاسمانییان ئادەمیزاد لە کارا سەر دەرئەکەن •

★ (أفَمَنْ يَخْلُقُ كَمَنْ لا يَخْلُقُ أفَلا تَذَكَّرُونَ ؟!) (١٧) ★

لەگەڵ ئەم هەموو تەسەڕوفاتە عەجائیبانەدا هێشتا بیر ناکەنەوە کە زاتی خودا خۆی توانایە لەسەر هەموو کارێو هاوڕێی بۆ بڕیار ئەدەن لە نەوعێ کە بێگیانو ناتەوانە ، ئایا خودایێ کە پەروەردگاری عالەمە وەکو شتێکە کە هیچ کارێکی پێ نەکرێو نەتوانێ هیچ دروست بکا ، ئایا هێشتا بیر ناکەنەوە هەتا راستو درۆ لە یەك جیا بکەنەوە ؟!

★ (وإنْ تَعُدّوا نِعْمَةَ اللهِ لا تُحْصُوها ، إنَّ اللهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ) (١٨) ★

وە بێجگە لەم هەموو ئاثارانە کە لە ئاسمانو زەویدا هەنو دەلیلن لەسەر یەکیەنی خودا ئەگەر تەماشای نەفسی خۆیشتان بکەن ئەوەندە نیعمەتی خودا ئەبینن وەکو ساغی لەشو سیمای شیرینو ، چاوو ، گوێو ، زمانو ، دەستو ، پەنجەو ، جیهازی پەنامەکیو ، دڵو میعدەو •••

رزق‌و ـ رۆزی‌و ، پایه‌و ، مایه‌و ... ئه‌گه‌ر بتانه‌وێ بیانژمێرن ناتوانن پیایانا بگه‌ن‌و هه‌موویان بژمێرن ، وه نیعمه‌ته‌کانیش ئه‌وه‌نده گه‌وره‌و به‌نرخن ئینسان ناتوانێ قیمه‌تیان بدا ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا سوپاسیشی ناکه‌ن له‌سه‌ریان ـ وه به راستی خودا تاوانبه‌خش‌و میهره‌بانه بۆ ئێوه ئه‌گه‌رنا له‌سه‌ر ناسوپاسی له ناوی ئه‌بردن .

★ (وَاللَّهُ يَعْلَمُ ما تُسِرُّونَ ومَا تُعْلِنُونَ) (١٩) ★

وه بێ‌گومان خودا ئه‌زانێ به‌وه‌ی به په‌نامه‌کی ئه‌یکه‌ن‌و به‌وه‌ی به ئاشکرا ئه‌یکه‌ن ، هیچ رازو نیازو بیرو باوه‌ڕو کرده‌وه‌ی که‌سی لێ ون نابێ .

★ (وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لا يَخْلُقُونَ شَيْئاً وهُمْ يُخْلَقُونَ) (٢٠) ★

وه ئه‌و بتانه کافره‌کان بانگیان ئه‌که‌ن‌و ئه‌یانپه‌رستن‌و به په‌رستیاری ئه‌وانه لائه‌ده‌ن له خودای ته‌عالا ناتوانن هیچ شتێ دروست بکه‌ن‌و خۆیان دروست ئه‌کرێن .

★ (أمْوَاتٌ غَيْرُ أحْياءٍ وما يَشْعُرونَ أيَّانَ يُبْعَثُونَ) (٢١) ★

ئه‌و بتانه مردوون‌و زیندوو نین ، وه ئه‌و زاته په‌رستیاری بکرێ پێویسته (بالذات)و به بێ ئیحتیاج به غه‌یر زیندوو بێ ، وه نازانن که‌ی رۆژی زیندوبوونه‌وه‌ی هه‌واخواهه‌کان دێ چ جای ئه‌وه که شایاوی ئه‌وه بن جه‌زایان بۆ بڕیار بده‌ن ، وه له لای خودا تکایان بۆ بکه‌ن !

★ (إلهُكُمْ إلهٌ واحِدٌ) ★

ئه‌ی ئاده‌میزادی بتپه‌رستی بێ ده‌ماخ ، وه یا ئه‌ی هۆشیارانی ئه‌هلی

تەکلیفو پرسیار خودای هەمووتان یەك خودایەو دەلیلی عەقلیو نەقلی هەیە لەسەر ئەوە کە (واجب الوجود)و تەوانایە بەسەر هەموو مومکیناتا ، کەوابو کەس غەیری ئەو پێویست نیەو وجوودی بێ کەلكو بێ هوودەیە •

★ (فالَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ قُلوبُهُمْ مُنْكِرَةٌ وهُمْ مُسْتَكْبِرونَ) (٢٢) ★

وە ئەو کەسانە کە لەگەڵ ئەم هەموو دەلیلانەدا دان نانێن بە تەوحیدی خودادا لەبەر ئەوەیە کە پرسیاری پاشەڕۆژیان بە لاوە تاڵەو ئەوانە کە حاڵیان وایەو باوەڕ بە پاشەڕۆژ ناکەن دڵەکانیان ئینکاری حەق ئەکاو ئەوانەیش خۆ بە گەورە ئەزانن‌و مل نادەن بە پێغەمەر •

★ (لا جَرَمَ أنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما يُسِرُّونَ وما يُعْلِنُونَ إنَّهُ لا يُحِبُّ المُسْتَكْبِرِينَ) (٢٣) ★

بێ‌گومان خودای تەعالا زانایە بەوە کە ئەیشارنەوە لە دڵیاناو لە پەنادا وە ئەوەی بە ئاشکرا ئەیکەن ، ئەو خۆبەزل‌زانینەیان لە چیە بەراستی خودا خاوەن دەمارو بە فیزەکانی خۆش ناوێ •

★ (وإذا قِيلَ لَهُمْ : ماذَا أنْزَلَ رَبُّكُمْ ؟ قالُوا : أساطِيرُ الأوَّلِينَ !) (٢٤) ★

کاتێ کە بازێ لەوانە بە گاڵتەوە پرسیار لە بازێکیان ئەکەن‌و ئەڵێن : خودای ئێوە چی نازڵکردوە بۆ سەر محەمەد ؟ وەها وەڵامیان ئەدەنەوە ئەڵێن : ئەفسانە کۆنەکان کە لە ناو ئادەمیزادی کۆندا باو بوون ! واتە لە حەقیقەتا .خودا هیچ ئایەتی نازڵ نەکردوە هەر محەمەد خۆی ئەڕوا ئەو حیکایەتە کۆنانە کە لە ناو خەڵکدا باو بوون ئەیانگێڕێتەوە بۆ خەڵكو

ئەڵێ ئەمە کەلامی خودایەو فریشتەی پیرۆز هێناویەتیە خوارەوە . وە ئەو کافرە بێ شوعوورانە ئەم درۆو دەلەسە بۆ ئەوە ئەکەن .

★ (لِيَحْمِلُوا أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ) ★

هەتا تاوانی خۆیان بە تەواوی هەڵبگرن لە رۆژی قیامەتاو بازێ لە تاوانی ئەوانەیش کە ئەمان گومڕایان ئەکەن بە قەی ئەوە کە گومڕایان ئەکەن‌و ئەبن بە هۆی تێکدانی دڵی ئەوان ، ئەنا ئەوانە خۆ ئەفامن حەقیان وابو بیر بکەنەوە موبالات بە قسەی ئەمانە نەکەن .

★ (أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ !) (٢٥) ★

بێداربنەوە ! گەلێ ناپەسەندو نابارە ئەو تاوانە ئەوان لـە رۆژی قیامەتا هەڵی ئەگرن !

★ (قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللهُ بُنْيَانَهُمْ مِنَ الْقَوَاعِدِ ، فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِنْ فَوْقِهِمْ ، وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لا يَشْعُرُونَ) (٢٦) ★

خودای تەعالا بۆ دڵدانەوەی حەزرەت ـدـ ئەفەرموێت : ئەم کردەوە نابارانە ئەم کافرانە لەگەڵ تۆدا ئەیکەن لە ناو کافرە پێشوەکانیشا وێنەی بوە ، بـە راستی گەلێ مەکرو فرو فێڵیان لەگەڵ ئەو پێغەمەرانەدا کرد کە بۆیان رەوانەکرابوون‌و چەن خانەو لانەی نامەردییان دروست کردو کردیان بە کەمینگاه بۆ دوژمنایەتی پێغەمەرەکان ، جا خودای تەعالا هات بەسەر ئەو خانەو لانەدا کە دروستیان کردبو هەر لە بناغەکانیانەوە هەڵی کەندن‌و سەرمیچی خانوەکان داکەوت لەسەرەوە بەسەریاناو سزای خودایان بۆ

هات ؛ لە لایەکەوە شوعووریان نەدەشکا بەوەدا کە لەو شوێنەوە ئـەو سزایان بۆ دێ •

خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە پیرۆزە وارید بوە لەسەر تەشبیەو تەمثیل وە لە واقیعا مەبەس نەفسی خانوو نیە ، بەڵکو ئەو فڕو فێڵی کافرانـە تەشبیەکراوە بـە خانووی کـەمینگا لەوەدا کـە مەبەس زیانگەیاندنە بە دوژمن ، وە بەتاڵکردنەوەی فڕوفێڵەکانیشیان بە لەسەر زیانی خۆیان بە رووخاندنی خانووی کەمینەکە بەسەر خۆیانا ، بەڵام بە شێوەی تەشبیهی تەمثیلی نـەك تەشبیهی موفرەد بـە موفرەد ، وە بازێ فەرموویانە : هەر حەقیقەتەو مەبەس ئەو بورجەیە کە نەمروودی کوڕی کەنعان دروستی کردبو بۆ ئەوە ــ بە گومانی خۆی ــ سەرکەوێتو موراقەبەی ئەخباری ئاسمان بکاو بەرهەڵستی واتـەی ئایینو دین بکاو مـەیدانی بڵاوبوونەوەی ئامۆژگاریەکانی ئیبراهیمی خەلیل بکا ، وە لە ئەنجاما ئەو بورجە کەوت بەسەریاناو گەلێ لە دەستەو بەستەی پێکوشت •

بەڵام لە واقیعا لە ئاخری ئایەتەکەدا نوختەیەکی گەورە هەیە کە ئەڵێ ئەو سزایە دێت بۆ سەریان لە شوێنێکەوەیە کە ئەوان شوعووریان بۆ ئەوە ناڕوات •

وە لە واقیعا سوپای خودا زۆرەو کەس بە ژمارەیان نازانێ خـودا نەبێ ، وە زۆربەی نافەرمانانی پێغەمەرانی پێشوو یا پێغەمەری خۆمان ــد بە شتێ بەرباد بوون کە بە خەیاڵی ئەوانا نەهاتوە ، وەکو زانایانی مێژو ئەمەیان لە لا روونە •

★ (ثُمَّ يَوْمَ القِيامَةِ يُخْزِيهِمْ ويَقولُ : أينَ شُرَكائِيَ الَّذِينَ كُنْتُمْ تُشاقُّونَ فِيهِمْ ؟ قالَ الَّذِينَ أُوتُوا العِلْمَ : إنَّ الخِزْيَ اليَوْمَ والسُّوءَ عَلَى الكافِرِينَ) (٢٧) ★

پاش ئەوە کە خودای تەعالا لە دنیادا هەر جۆرە سزایەکی دان بێ‌گومان لە ڕۆژی قیامەتیشا ڕسوای قەرەباڵغی ڕۆژی قیامەتیان ئەکا ، وە خودا لە مەقامی سەرزەنشدا لێیان ئەپرسێ‌و ئەفەرموێت : ئەو شەریکانەو ئەو هاوڕێ‌و هاوسەرانە کە ئێوە ئەتانکردن بە هۆی بەرانبەرکێ‌و دوژمنایەتی موسوڵمانەکانو لەبەر خاتری ئەوان بە گومانی خۆتان دوژمنایەتیتان ئەکرد لەگەڵ موسوڵمانەکانا وان لە کوێ ؟ وە کافرەکان بە خامۆشی‌و شەرمەساری بێ‌دەنگ ئەکەون ، وە ئەو پێغەمەرانەو ئەو ئینسانە موسوڵمانانە کە زانیاری دین‌و ئادابیان پێدراوە لەو کاتەدا ئەفەرموون : بە ڕاستی ئەمڕۆ ڕسوایی‌و بەدئەنجامی لەسەر کافرەکانە بە شێوەی گشتی •

★ (الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ المَلائِكَةُ ظالِمِي أنْفُسِهِمْ فألْقَوُا السَّلَمَ : ما كُنَّا نَعْمَلُ مِنْ سُوءٍ ، بَلَى إنَّ اللهَ عَلِيمٌ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) (٢٨) ★

ئەو کەسانە کە فریشتەکانی مەئمووری مراندن گیانیان وەرئەگرن‌و ڕۆحیان ئەکێشن‌و حاڵیان وا بوە کە ستەمیان لە خۆیان کردوە بە کوفرو بە ئازاردانی بێ‌تاوانانو بە باقی کردەوەی ناپەسەند ، جا لەو کاتەدا کە ئەمرن مل بۆ حەق ڕائەکێشن‌و ئەڵێن : ئینسانی باشین‌و لەمەوبەریش باش بووین‌و هیچ شتی خراپەمان نەکردوە • خودا ئەفەرموێت : نە ، نە ، بە ڕاستی خودا زانایە بەو کارانە کە ئێوە ئەتانکردن •

★ (فادْخُلوا أبْوابَ جَهَنَّمَ خالِدينَ فِيها فَلَبِئْسَ مَثْوى المُتَكَبِّرِينَ) (٢٩) ★

دەی زوو بڕۆنە ناو دەرگاکانی دۆزەخەوە ، هەر کۆمەڵێك لەو دەرگایەوە بۆی بڕیار دراوەو لە دۆزەخا بمێننەوەو قەراری مانەوەی دەوامدار بدەن تیایا ، دەی زۆر خراپو ناهەموارە ماواو مەڵبەندی ئەوانە کە خۆیان بە گەورە دائەناو ئیمانیان بە پێغەمەران نەدەهێنا •

★ (وقِيلَ لِلَّذينَ اتَّقَوْا : ماذا أنْزَلَ ربُّكُمْ ؟ قالُوا : خَيْراً ، لِلَّذِينَ احْسَنُوا في هذِهِ الدُّنْيا حَسَنَةٌ ولَدارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ ، ولَنِعْمَ دارُ المُتَّقِينَ (٣٠) جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلونَها تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأنْهارُ لَهُمْ فِيها مَا يَشاؤُنَ كَذلِكَ يَجْزِي اللهُ المُتَّقِينَ) (٣١) ★

وە لە لایەنی بازێ لە موسوڵمانەکانەوە پرسیار ئەکرێ بۆ مەعلومات لە بازێ لەوانە کە خاوەن پارێزو ترسن لە خودا : کە خودای تەعالا چی نازڵ کردوە بەم زوانە ؟ ئەوانیش لە وەڵامیا ئەڵێن : خێرو پیرۆزی نازڵ کردوە •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەو موسوڵمانانە کە بیرو باوەڕیان وایە خودای تەعالا حەقەو دینی ئیسلام راستەو پێغەمەر ـدـ بە حەق رەوانە کراوە ئەوانە خاوەن ئیحسانن ، وە بۆ ئەو کەسانەیش کە خاوەن ئیحسانن‌و کردەوەی باش ئەکەن لەم دنیادا پاداشێکی باشیان هەیە کە ژیانیان بە خۆشی لەسەر رائەبوورێ بەم شێوە ئەگەر نیعمەتیان بۆ بێت سوپاسی خودا ئەکەن وە ئەگەر زەحمەتیان بێتە سەر صەبر ئەکەن‌و رازین

بە قەزای خوداو ئەم صەبرە ئەبێ بە هۆی ڕووناکی دڵیان ، وە بە ڕاستی ماڵی دواییش کە قەبرو قیامەتە باشتر ئەبێ بۆیان لەم دنیایەو لە ماڵی دنیا ، وە زۆر جوانو پیرۆزە خانووی خاوەن تەقواکان کە بریتیە لە چەن باخو بەهەشتێ بۆ مانەوەیان هەتا هەتایە ئەڕۆنە ناویانەوە بە بێ خەمی دڵ ، وە لە ژێر داری ئەو باخانەدا چەن جۆگە ڕەوان ئەبێ ، وە هەیە بۆ ئەوانە لە ناو ئەو بەهەشتانەدا ئەوەی خواستی دڵیان بێ وە بەم جۆرە پاداشە خودا پاداشی خاوەن تەقواکان ئەداتەوە •

★ (الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ : سَلَامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٣٢) ★

وە ئەو کەسانە کە فریشتەکان ڕۆحیان وەرئەگرن لە حاڵو وەزعێکدا کە ئەوان پاك دڵو پاك کردەوەن ، فریشتەکان لە کاتی مردنا پێیان ئەڵێن : سەلامتان لەسەر بێ ئیتر پاش ئەم کاتە بێ ئاسایشیتان تووش نابێ ، وە لە ڕۆژی قیامەتیشا بڕۆنە ناو بەهەشتەوە بە پیرۆزی ئەو کردەوە باشانەوە کە ئەتانکردن •

★ (هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ أَمْرُ رَبِّكَ ؟ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) (٣٣) ★

چاوەڕێ ناکەن ئەو کافرە سەرکێشانە مەگەر بۆ ئەوە کە سزا بێت بۆ لایانو دەرگایان پێبگرن ، وە یا بە نەوعێکی تر سزایەکی ناهەموار بە فەرمانی خودا بێتە سەریان ، وەکو مەرگی کوتوپڕو دوشمنی بێسامانو ئاگری بێ ئامانو لافاوی سەر تا بەدامان ، ئەمە ڕەوشتی پێشینانەکانیانە ، ئەوانیش کردەوەیان وەکو ئەمان وابو یاخود ئەم ئیشەیان ئەکرد کە

بەرەکی پێغەمەرەکانیان ئەگرت بۆ هاتنی سزا وە لە ئەنجاما بەرباد بوون ، وە خودا ستەمی لەوان نەکرد ، بەڵام ئەوان ستەمیان لـە نەفسی خۆیان کـرد •

★ (فَأَصابَهُمْ سَيِّئاتُ ما عَمِلُوا وحاقَ بِهِمْ مَا كـانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٣٤) ★

جا باش پێیان گەیشت تۆڵەی ئەو کردەوە ناشیرینانە کە کردبوویان وە دەورەی دان ئەو تۆڵە کە وەختی خۆی گاڵتەیان پێئەکرد •

★ (وقـالَ الَّذينَ أشْرَكُوا : لَوْ شاءَ اللهُ ما عَبَدْنا مِنْ دونِهِ مِـنْ شَيْءٍ نَحْـنُ ولا آباؤُنَا ولا حَرَّمْنـا مِنْ دونِهِ مِـنْ شَيْءٍ ، كذلِكَ فَعَلَ الَّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إلاَّ البَلاغُ المُبِينُ ؟) (٣٥) ★

واتـە کافرەکان بۆ عوزری خۆیان لەسـەر کوفرو کردەوەی ناپارو دوورکردنەوەی خۆیان لە تاوان ئەڵێن : ئێمە هەرچی بکەین لە کردەوەو هـەر بیرو باوەڕێکمان بێ هەمووی لەسەر خواستی خودایەو ، هەرچی لەسەر خواستی خودا بێ تاوانی نیە ، وە ئەگەر خواستی نەبوایە لەسەر کوفرو کردەوەی ئێمە نەدەبوون ، وە ئەگەر جۆرێ تری خواست بوایە عیبادەتی کەسمان نەدەکرد غەیری ئەو نە ئێمەو نە باوائو باپیرەکانمان ، وە هیچ گۆشتێکمان حەرام نەدەکرد لە وشتری بەحیرەو سائیبەو غەیری ئەوانەیش •

جا خودای تەعالا بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم عوزرە پووچەو ئەم دەلیلە بەتاڵە ئەڵێ : ئەم عوزرەیش عوزرێکە لە رووی عەقڵو هۆش و ئیستیدلالەوە

نیـە ، بەڵـکو لەسەر تەقلیدی کافرە پێشوەکانە وە ئەوان ئـەم دەلیلەیان ئەهێنایەوە بۆیێ ئەمانیش بەکاری دێنن ، وە لە واقیعا قیمەتی نیە •

ئەی پێغەمەری من تۆ هەر گەیاندنی فەرمانی خودات لەسەرەو جگە لـە گەیاندنی فەرمانی خودا بـە رووناکی هیچ شتێ لەسـەر پێغـەمەران نیەو نەبوە •

جا بۆ رووناککردنەوەی ئـەم شوێنە بزانن ! کافرەکان وتوویانە : ئێمە هەرچی ئەکەین تاوانی تیا نیە ؛ چونکی هەرچی ئەکەین لەسەر خواستی خودایە ، وە هـەر شتێکیش لەسەر خواستی ئەو بێ تاوانی تیا نیە • وە خودای تەعالا لە رەدی ئەمەدا ئەڵێ : راستە هەرچی ئەکەن لەسەر خواستی خودایەو بە بێ خواستی ئەو هیچ نابێ ، بەڵام ئەوە راست نیە کە ئەڵێن : هەر شتێ لەسەر خواستی ئەو بێ تاوانی تێدا نیە ؛ چونکی خواستی خودای تەعالا تابیعی عیلمی خودایەو عیلمی خودا بە هەڵەدا ناڕوا ، وە خودا بە عیلمی خۆی زانایە بەوە کە ئینسان ئەو ئیختیارەی پێدراوە چۆن روو ئەکاتە کردەوەکان ئەگەر ئیختیارەکەی روو بکاتە کردەوەی باش خواستی خودایش رووی لێ ئەکاو تەوانایی خودایش رووی لێ ئەکاو ئەو کردەوە باشەی بۆ دروست ئـەکاو پێیشی رازیە ، وە ئەگـەر ئیختیارەکەی روو بکاتە کردەوەی ناهەموار خواستی خودایش رووی لێ ئـەکاو تەوانایی خودایش رووی لێ ئەکاو ئەو کردەوە نابارەی بۆ دروست ئەکا ؛ چونکی تەوانایی خودا شمشێرێکە تەڕو وشـك ئـەبڕێ وە بۆ هـەموو جۆرە کردەوەیەك وەکو یەك وایە •

بێجگە لەمە ئـەو کافرانە لە پاش ئەوە کـە نافەرمانی پێغەمەرەکان ئەکەنو کوفرو کردەوە ناشیرینەکان دەرئەبڕن ئەوسا ئەڵێن : ئەم کاری

ئێمە خواستی خودایە ، ئایا ئەوانە پێش ئەوە ئیقدام بکەن لەسەر کوفرو بەدکاریەکە ئاگادارن لەوە کە خواستی خودا چۆنە ؟ بەهەرحاڵ دەلیلەکەیان بێ نەتیجەیەو داواکەیان پووچو بەتاڵە •

★ (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ اُمَّةٍ رسولاً : أنِ اعْبُدوا اللهَ واجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) ★

بە راستی ئێمە لە هەموو ئوممەتێکدا پێغەمەرێکمان ناردوە بەم فەرمانەوە کە بەندەیی خودا بکەنو دوور بکەونەوە لە : شەیتان ، لە بت ، لە پیاوی گومڕا •

★ (فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ) ★

جا بازێ لەوان گوێی راگرت بۆ فەرمانی خودا بە دڵو خودایش گەیاندی بە ئەنجامی پیرۆز ، وە بازێکیشیان لایان دا لە حەقو گوێیان رانەگرتو دڵیان نەدا بە فەرمان ، وە خودای تەعالایش فەرمووی : مادام ئیختیاری لاریو لاڕێ ئەکەن با هەر وەها گومڕا بن وە گومڕایی لەسەریان دامەزرا •

★ (فَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فانْظُروا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ المُكَذِّبِينَ) (٣٦) ★

جا بڕۆن بە ولاتانا تەماشا بکەنو بیر بکەنەوە بزانن چۆن بوە ئەنجامی ئەوانە کە پێغەمەرەکانیان بە درۆ خستوەتەوە •

★ (إنْ تَحْرِصْ عَلى هُداهُمْ فَإنَّ اللهَ لا يَهْدِي مَنْ يُضِلُّ وَمَا لَهُمْ مِنْ ناصِرِينَ) (٣٧) ★

ئەگەر تۆ ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، ئارەزووت توندو زۆرە لەسەر هیدایەتی ئەوانە بزانە بە راستی خودا هیدایەتی ئەو کەسانە نادا کە ئەوەندە نامەردو دڵبەردو بێ فامن هەر لەسەر ئارەزووی خۆیان دەوام ئەکەن کە خودا ئەیەوێ گومڕایان بکا ، وە بزانە کە لە رۆژی خۆیشیا کەس نیە یارمەتی ئەوانە بدا •

★ (وَأَقْسَمُوا بِاللهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ : لاَ يَبْعَثُ اللهُ مَنْ يَمُوتُ : بَلَى وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً ، وَلكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ) (٣٨) ★

وە ئەو کافرانە ئەوەنە کەودەنن لەگەڵ ئەوەدا ناوی خودا ئەبەنو وەها نیشان ئەدەن خودای عالەم هەیە سوێند ئەخۆن بە سوێندێکی بە دڵو دەروون ، بە سوێندێکی بە هێز ، لە ناو سوێندەکانیانا ئەڵێن : ئەو کەسەی کە مردو گیانی دەرچوو جارێکی تر خودا زیندووی ناکاتەوە ! نە ، نە ، خراپ حاڵی بوون خودا وەعدەی داوە بە وەعدەیێ کە وەکو سوێندخواردن بڕیاری داوە لەسەر خۆی کە هەموو گیانلەبەران زیندوو ئەکاتەوەو گردیان ئەکاتەوە لە شوێنێکدا حسێبی بیرو باوەڕو کردەوەیان لەگەڵ ئەکا ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن ، ئیتر سوێندەکەی ئەوان پووچە : چونکی ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە خودا ناتوانێ ئەوە هەڵەیە ؛ چونکی کەسێ بتوانێ لە نەبوون ئینسانێ دروست بکا ئەیشتوانێ لە پاش مردن دروستی بکاتەوە ؛ وە دروستکراوەکانی خودا ، غالبا ، لەم مردووزیندوکردنەوە عەجیب ترە ، وە ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە خودا بڕیاری نەداوە ئەوە درۆیەو خودای تەعالا بڕیاری داوە وەکو خودای تەعالا ئەفەرموێت :

★ (لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ) ★

بۆیە خودا زیندوویان ئەکاتەوە هەتا بۆیان روون بکاتەوە ئەو شتە کە ئەوان ئیختیلافیان تیا هەبو کە بریتیە لە : بەعثو ، حەشرو ، نەشرو ، زیندوکردنەوەیانو ، گردکردنەوەیان لـە شوێنێکداو ، بلاوکردنەوەیان هەرکەس بۆ جێگەی خۆی لە پاش حسێبو کتێب •

★ (ولِيَعْلَمَ الَّذينَ كفَرُوا أنَّهُمْ كانُوا كاذِبِينَ) (٣٩) ★

وە هەتا کافرەکان بە (عين اليقين) بزانن کە بە راستی ئەوان درۆیان کردو درۆزن بوون لە داوای زیندونەبوونەوەداو قودرەتی خودایش زاڵە بەسەر هەموو خواستێکیا •

★ (إنَّما قَوْلُنا لِشَيْءٍ إذَا أرَدْناهُ أنْ نَقولَ لَهُ : كُنْ ! فَيَكُونُ) (٤٠) ★

نیە فەرمانی ئێمە کە خواستمان لەسەر بوونی شتێ بێ ئەوەنە نەبێ کە پێی بڵێین : ببەو ! ئەویش ئەبێ • وە ئەم عیبارەتی (کن فیکون)ە یا وێنەیە بۆ فەوریەتی پێکهاتنی خواستی خودا ، وە یا هەر خیتابێکی واقیعیە روو ئەکاتە صوورەتی عیلمی ئەو شتە کە خودا خواستی هەیە دروستی بکاو پێی ئەڵێ ، یا موراد لە (صووەتی عیلمیە)وە دەرچوە بۆ (صوورەتی عەینیە)وە سەری خۆت دەربخە لـە ناو سەرانا ، بـە خواستو تەوانایی خودای تەوانا •

وە ئەبێ بزانن ئەم ئەمرە کە خودا ئەیکا بە صوورەتی عیلمیە ئەمری ئیبداعیەیە ، واتە عیبارەتە لە تەوەجوهی ئیرادە بۆ ئەو صوورەتی عیلمیە لەگەڵ قودرەتا وە لەسەر موافەقەی ئەو صوورەتە عیلمیە خودا لە خاریجدا ئەوەی مەقسوودە دروستی ئەکا •

★ (والَّذينَ هاجَرُوا في اللهِ مِنْ بَعْدِ ما ظُلِمُوا لَنُبَوِّئَنَّهُمْ في الدُّنْيـا حَسَنَةً ولَأجْرُ الآخِرَةِ أكْبَرُ لَوْ كانُوا يَعْلَمُونَ) (٤١) ★

مەبەس لە فەرموودەی : (والذين هاجروا ... الآية) یا حەزرەتە ـدـ وە ئەو یارانەی کە کۆچیان کرد لە مەکەوە بۆ شاری مەدینە لەبەر رەزای خوداو بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لەوانە کە قورەیش لە مەکەدا ستەمیان لێ کردن وە لە بیمی ستەمی ئەوان کۆچیان کرد بۆ حەبەشستانو هاتنەوە بۆ مەکەو دووبارە چوونەوە بۆ حەبەشە جا کۆچیان کرد بۆمەدینە • وە یاخود مەبەس ئەو موسوڵمانانەیە کـە لـە مەکەدا قورەیش حەبسیان کردنو سزایان ئەدان لە پاش کۆچی حەزرەت بۆ مەدینە ، وەکو : بیلالو ، صوهەیبو ، خەبابو ، عەممارو ، عابیرو ، ئەبوجەندەلو ، سوهەیل ... خودایان لێ‌رازی بێ •

واتە ئەو کەسانە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لەبەر بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لە پاش ئەوە کە ستەمیان لێ‌کرا لە مەکەدا ئەوانە لە دنیادا دایان ئەمەزرێنم لە شوێنێکی پیرۆزو جواناو بە راستی پاداشی رۆژی قیامەتیان گەورەترە . ئەگەر ئەو موهاجیرانە بەو پاداشەیان بزانیایە زیاتر تێ‌ئەکۆشان لە جیهاداو لە صەبرکردنا ، وە یا ئەگەر کافرەکان بیانزانیایە بـە پاداشی موهاجیرەکان ئەوانیش موسوڵمان ئەبوونو ئازاریان نەئەدان •

ریوایەت کراوە لە سیرەتی خەلیفەی دوەم عومەری کوڕی خەطابدا ـخـ : کاتێ کـە بەشێو ماڵێکی ئەدا بـە یەکێ لـە موهاجیرەکان پێی ئەفەرموو : ئەمە وەربگرە خودای تەعالا بەرەکەتی تێ‌بخات بۆت کە ئەمە بەشی دنیاتەو بەشی قیامەتت باشترەو لەمە گەورەترە •

★ (الَّذينَ صَبَرُوا وعَلى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) (٤٢) ★

ئەو موهاجیرانە کەسانێ بوون کە صەبریان کردوە لەسەر سزاو ئازاری کافرەکان وە لەسەر غەریبیو وەحشەتی وڵاتی دوور وە بێ‌گوزەرانی وە لە هەموو کارو بارێکدا کە چاوەڕوان ئەکرا بێتە رێگەیان لە دەفعی زەحمەتو جەلبی رەحمەتو نیعمەتدا هەر لەسەر خودای تەعالا ئیعتیمادیان ئەدا ، جا لەسەر ئەم سیفەتە بەرزانە بو کە خودای تەعالا ئەوانی گەیاند بەو پایە بەرزانە لە دنیاو قیامەتا •

★ (وما أرْسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ إلاّ رِجالاً نُوحِي إلَيْهِمْ ، فاسْألُوا أهْلَ الذِّكْرِ إنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ) (٤٣) ★

ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بوە لە رەدی قسەی کافرەکانی قورەیشدا کە ئەیانوت : خودای تەعالا زۆر دوورە لەوەوە کە ئادەمیزادێ بکا بە فوروستادەی خۆی بۆ لای باقی ئادەمیزاد ، پێویستە فریشتەیێ رەوانە بکا بۆ سەریان ، جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئێمە لە پێش ناردنی تۆدا بە ریسالەت کەسمان نەناردوە مەگەر چەن پیاوێکی خاوەن خوو رەوشتی بەرز ؛ وە یاسامان لەسەر ئەوە نەبوە کە فریشتە بنێرین بۆ تەمێی ئادەمیزاد ، هەروا یاسام لەسەر ناردنی ژنانا نەبوە ، وە ئەو پیاوانە وەها ناردوومانن کە وەحیمان کردوە بۆ لایان ئەوەی پێویستە لە بیرو باوەڕو عیبادەتو باقی ئومووراتێ کە پێویستی ئادەمیزاد بوە ، وە ئەگەر ئێوە ئەی ئەهلی مەکە بەمە نازانن پرسیار بکەن لە ئەهلی عیلم لە کیتابیەکانی گاورو جوولەکە ؛ وە یا لەو مێژوزانانە کە جێگەی باوەڕتانن •

وە ئەو پێغەمەرانەمان ناردوە :

★ (بِالبَيِّناتِ والزُّبُرِ) ★

بە موعجیزاتەوەو بەو ئەحکامانەوە کە ئەنووسرێنەوەو بە درێژایی زەمان رەفتاریان پێ‌کراوە هەتا زەمانی پێغەمەرێکی وەها کە ئەو ئەحکامەی گۆڕیوە •

★ (وأنْزَلْنا إلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ ما نُزِّلَ إلَيْهِمْ ولَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرونَ) (٤٤) ★

وە نازڵمان کردوە بۆ لای تۆیش قورئانێ کە زیکری خودایەو مایەی بیرکردنەوەی حەق‌و حەقیقەتەو بە یاسایێ بۆمان ناردووی کە تۆ روون بکەیتەوە بۆ ئادەمیزاد مەعنای ئەوانە ؛ وە ئومێد وایە ئەوانیش بیر بکەنەوە لەو قورئانەدا •

لەم شوێنەدا دەرئەکەوێ کە خودای تەعالا بڕیاری داوە بۆ ئەو کەسانە کە حوکمێ لە ئەحکام نازانن بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو زانایانە کە ئاگادارن لە حەق هەتا باش ئاگادار بین بەسەر واجباتی دینی خۆیانا •

هەروا دەرئەکەوێ کە حەزرەت -د- تەخویل کراوە بۆ بەیانی قورئان‌و ڕووناککردنەوەی ئەوەی پێویستە بە بەیان خواه بە تەفصیل یا خود بە کورتی حەتا بە حەواڵەکردنی زانایانی دین بۆ قیاس‌و ئیستیدلال‌و ئیرشادکردنیان بۆ ئیجتیهادو دینی ئیسلام بەم یاسا رەسایی ئەکا بە وەرگرتنی هەموو حوکمێ لە هەموو کات‌و وڵاتێکدا •

★ (أفَأمِنَ الَّذينَ مَكَرُوا السَّيِّئاتِ أنْ يَخْسِفَ اللهُ بِهِمُ الأرْضَ أوْ يَأْتِيَهُمُ العَذابُ مِنْ حَيْثُ لا يَشْعُرُونَ ؟) (٤٥) ★

ئایا ئـەو کافرانـــە کە وا حیلـەو فێڵی ناهەموارو ناشیرین ئەکەن دەربارەی پێغەمـەر (د) بۆ فەوتانی خـۆیو ئەصحابەکانیو بەرباکردنی دینەکەی ئەمینن لەوە کە خودای تەعالا بیانباتە خوارەوە بە عەرزا وەکو قاروونو ماڵەکەی ، یاخود سزایەکیان بۆ بێت لە شوێنێکەوە شوعووری پێ نەکەن وەکو قەومی (لوط) •

★ (اوْ يَاْخُذَهُمْ فِي تَقَلُّبِهِمْ فمَا هُمْ بِمُعْجِزِينَ ؟) (٤٦) ★

یاخـــود بیانگرێو بیانفەوتێنێ لـــە رێگەو هاتوچۆی کاروانی تیجارەتیانا خۆ ئەوان ناتوانن دەســـتی قودرەتی خـودا بگرن لــــەم تەصەرووفاتانە •

★ (أوْ يَاْخُـذَهُمْ عـلى تَخَـوُّفٍ فَـاِنَّ رَبَّكُـمْ لَرؤُفٌ رَحِيمٌ) (٤٧) ★

یاخود بیانگرێ بە بیمی مردن بـە ناساغی لەشو راوەستانی دڵو تێکچوونی رشتەی تەندروستی بە هۆی هێرشی دوژمنان لەملاو لەولاوەو ترسانی ئەوانیش لەو هێرشەوە یا بە هۆی زاڵبوونی حوکمدارێکی ستەمگار بەسەر وڵاتەکەیان وە ئەوانیش بکەونە بیمەوەو تووشی دەردو میحنەت ببن . بەو ترساندنە ؛ چونکی بە راستی خودا میهرەبانەو خاوەن کەرەمە ، هەموو کاتێ سزاکەی سزای ریشەکێشان نیە بەڵکو بەم جۆرە سزانەیە کە زیان ئەدا لە بازێ کەس نەك لە بازێ وە یا لە بازێ خانەدان نەك لـە بازێ ، بە هەرحاڵ هێمنبوونەوە لە سزای خـودا خووی بەدخوەکانە ، ئەنا لەگەڵ ئەم هەموو نافەرمانی خودا کە خۆمان پێی ئەزانین پێویست بو هەموو کاتێ لە بیمو ترسی خودادا ئاسایشمان نەکردایە •

★ (أوَلَمْ يَرَوْا إلى ما خَلَقَ اللهُ مِنْ شَيْءٍ يَتَفَيَّؤُ ظِلالُهُ عَنِ اليَمِينِ والشَّمائِلِ سُجَّداً لِلهِ وهُمْ داخِرونَ ؟) (٤٨) ★

ئایا تەماشای ئەو مەخلووقاتە خاوەن مادەیە ناکەن لە کێوانو دارو بەرد کاتێ کە خودا ڕۆژی دەرخست لێیان سێبەرەکانیان لار ئەبێتەوە بە لای چەپا لە حاڵێکدا ئەو مەخلووقاتە هەموو کڕنووشی سەردانەواندنی خۆیان پێشکەشی بارەگای پەروەردگاری جیهان ئەکەن ! چونکی ئەگەر ئەو هەتاوە ڕووناکە خاوەن تاوەی دروست نەکردایەو لە مەداری خۆیا چاودێری نەکردایە ئەم پرتەو بەخشیە بە سەر کورەی زەویدا نەدەبو . وە ئەم هەموە مادە خاوەن سایەو سێبەرە ذەلیلو داماون لە بەر هێزی پەروەردگارەکەی خۆیانا .

★ (ولِلهِ يَسْجُدُ ما في السَّماواتِ وما في الأرْضِ مِنْ دابَّةٍ والمَلائِكَةُ وهُمْ لا يَسْتَكْبِرونَ) (٤٩) ★

هەر بۆ زاتی خودای تەعالا سوجدەی عوبوودیەتو بەندەگی ئەبا خواه بە تەختی پێشانی یاخود بە حاڵی مەعنەویو پەنهانی وە یا بە رامبوونیان لەبەر هێزی ئەوا .. هەرچی وا لە ئاسمانەکاناو لە بارەگا بەرزەکانا لە ئەستێرەکانو لەو مادە بەقیمەتە کە ئەو کائیناتەی پڕ کردوەو ساڵ بە ساڵو سەدە بە سەدە ئەدۆزرێتەوە، وە هەروا سوجدەی بۆ ئەبا هەرچی وا لە عەرزو لە دەرو ناویا لەو گیانلەبەرانە کە بەسەریاو ناویا هاتوچۆ ئەکەن لەسەر پێ وە یا لەسەر سك لە وشکانا یا لە دەریادا لە چەرندەو پەرندە ، لە ئادەمیزادیو جینو پەریو فریشتەکانی ئاسمانو زەویو دەریاو دەر ؛ وە ئەمانە هەرگیز فیز ناکەنو خۆیان بە گەورە ناگرن بەرابەر بە خودا ، وە ئەم سوجدەیە بۆ ئەبەن بە سوجدەی عادەتی ئادەمی ، وە یا بەهەر

شێوەیە ببێ : چونکی ئەنجامی سوجدە داماویو بچووکی بۆ پەروەردگارو رامبوونە بۆ هێزی ئەو •

★ (يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ) (٥٠) ★

وە هەموو ئەمانە یا فریشتەکان بە تایبەتی ئەترسن لە سزای پەروەردگاری خۆیان کە زاڵە بەسەریاناو هەرچی فەرمانیان پێدرابێ بیکەن جێبەجێی ئەکەن • جا ئەگەر ئەم ئایەتە باسی فریشتەکان بکا ئەوە دیارە کە فریشتە مەعصوومنو نافەرمانی ناکەنو ئامادەن بۆ بەجێهێنانی فەرمان وە ئەیشبێ بە بەڵگە لەسەر ئەوە کە فریشتەکان موکەلەفن بە تەکلیفاتی تایبەتی وە ئەو تەکلیفاتە هەموو بەجێ دێنن ، وە ئەگەر باسی هەموو ناوبراوەکان بکا ئەوە پێویستە بۆ بازێ لەوانە تەئویلی ئەو ترسەو ئەو ئیطاعە بکرێ بەوە کە دروستکراون بە شێوەیێ ناتوانن لەو شێوە دەربچن وەکو خزمەتکارێ کە هەمیشە لە خاوەن کارەکەی بترسێو کاری بۆ بکا •

★ (وَقَالَ اللهُ : لا تَتَّخِذُوا إلٰهَيْنِ اثْنَيْنِ ، إنَّما هُوَ إلٰهٌ واحِدٌ ، فَإيَّايَ فَارْهَبُونِ) (٥١) ★

وە خودای تەعالا لەسەر زمانی پێغەمەر فەرمووی بە موکەلەفانی جینو ئینس دوو مەعبوود بۆ خۆتان مەگرن وە بێ گومان خودا هەر یەکێکەو هەر لە من بترسنو پەنا بۆ لای من بێنن •

★ (وَلَهُ ما في السَّماواتِ وَالأرْضِ وَلَهُ الدِّينُ واصِباً أفَغَيْرَ اللهِ تَتَّقُونَ) (٥٢) ★

وە بۆ ئەو خودایەتەو مەخلووقی ئەوەو مولکی ئەوە هەرچی وا لە ئاسمانەکاناو هەرچی وا لە زەویداو فەرمانبەرداری هەر بۆ ئەوە بە لازمیو واجبی ، ئیتر ئایا لە غەیری خودا ئەترسن ؟! وەکو ئەو گومانە نابارە کە ئەیبەن بە بتەکانو ئەترسن لەوە زیاتتان پێبگەیەنن •

★ (وما بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللهِ ، ثُمَّ إذا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإلَيْهِ تَجْأَرُونَ (٥٣) ★

وە هەرچی هەیە بە ئێوەوە لە نیعمەتو هۆی ئاسایشو بەرزی پایەو زۆری مایە کە ژمارە ناکرێن بە تەواوی هەموو ئەوانە لە خوداوەیەو پاشان کاتێ کە زیانێکتان پێ بگا لە لەشدا یا لە بەشدا ، لە حالا یا لە مالا ، هەر بۆ لای خودا هاوار ئەبەن بۆ چاری ئەو زیانەو لابردنی یاخود بۆ پاداشدانەوەی •

★ (ثُمَّ إذا كَشَفَ الضُّرَّ عَنْكُمْ إذا فَرِيقٌ مِنْكُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ) (٥٤) ★

کەچی پاش ئەو پاڕانەوەو لالەو پالەیە کاتێ کە خودا ئەو زەحمەتو ئازارەتان لەسەر لا بباو دووری بخاتەوە لێتان تەماشا ئەکەم تاقمێ لە ئێوە ئەلێن : بتەکانمان چاری ئەو ئازارەی بۆ کردین . وە ئەیانکەن بە شەریکی هاوڕێ بۆ پەروەردگاری خۆیان بە ناحەقو نەفامیو بیرنەکردنەوە •

★ (لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ ، فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ !) (٥٥) ★

وە بۆ ئەوە شەریك قەرار ئەدەن بۆ خودای خۆیان هەتا کوفری ئەو نیعمەتە بکەن کە پێمانداون . جا بخۆنو رابوێرن بە راستی لەمەولا

ئەزانن بە ئەنجامی ئەم حەق‌نەناسی‌و ناسوپاسیە لەم دنیادا بە سزاو لە قیامەتا بە دۆزدخ‌و تۆڵەلی‌سەندنەوە •

★ (ويَجْعَلونَ لِما لاَ يَعْلَمُونَ نَصِيباً مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ) ★

وە بە باوەڕی پووچی خۆیان بڕیار ئەدەن بۆ ئەو بتانە کە دارو بەردێکی وشك‌و بێ‌گیانن‌و هیچ نازانن بەشێ لەو نیعمەتانە کە ئێمە کردوومانە بە ڕۆزی ئەوان‌و ئەڵێن : ئەوە لە بتەکانەوە هات بۆمان •

★ (تاللهِ لَتُسْئَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَفْتَرونَ) (٥٦) ★

قەسەم بە خودای تەنیا پرسیارتان لێ ئەکرێ ، ئەی کافرە موشریکەکان ، لەو درۆیانە کە ئێوە هەڵیان‌ئەبەستن ، وە لەو نیسبەتانە کە بە درۆ هەڵیان‌ئەسووڕێنن •

★ (ويَجْعَلونَ لِلهِ البَنَاتِ ـ سُبْحانَهُ ! ـ ولَهُمْ ما يَشْتَهُونَ) (٥٧) ★

وە ئەوەندە بێ شوعوورن بڕیار ئەدەن بۆ ئەو خودایە کە دوورە لە نەتەوەو بێ نیازە لە هەموو شتێ کە نەتەوەی هەیە ، وە لەگەڵ ئەم بێ شوعووریەیشدا ئەو نەتەوە کە لای ئەوان سووکە ، وە کو مێینەکان ، بڕیاریش ئەدەن بۆ خۆیان ئەو نەتەوە کە ئارەزووی ئەکەن وەکو نێرینە بێ •

★ (وإذَا بُشِّرَ أحَدُهُمْ بِالاُنْثى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وهوَ كَظِيمٌ) (٥٨) ★

وە ئەوەندە کچ لە لای ئەوان سووك‌و بێ نرخە کاتێ هەواڵ بدرێ بە یەکێکیان : کە کچی بوە گرژ ئەبێ‌و روخساری رەش دائەگیرسێ‌و ،

پڕ ئەبێ لە قاری بەرابەر بە خودا ـ پەنا بە خودا ! ـ وە بەرابەر بە ژنە بێچارەکەیی‌و بەرابەر بەو کەسەیش کە هەواڵەکەی بۆ هێناوە ؛ جا لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی رازی نیە بە منداڵێکی وەها ئەڕوا منداڵی وەها نیسبەت ئەدا بۆ لای خوداو ئەڵێن : مەلائیکەکان کچی خودان ـ پەنا بە خودا ! ـ •

★ (يَتَوارى مِنَ القَوْمِ مِنْ سُوءِ ما بُشِّرَ بِهِ : أَيُمْسِكُهُ على هُونٍ ؟ أَمْ يَدُسُّهُ في التُّرابِ ؟ أَلا ساءَ ما يَحْكُمُونَ) (٥٩) ★

وە لە پاش وەرگرتنی ئەو هەواڵە خۆی لە قەومەکەی ئەشارێتەوە لەبەر شەرمەساری بە پێی عادەتە ناشیرینەکەی خۆیان لە ناموناسبی وجوودی ئەو کچە کە موژدەیان بۆ هێناوە بە پەیدابوونی ؛ وە لە دڵی خۆیا بیر لەوە ئەکاتەوە : ئایا ئەم کچە رابگرێ‌و بی‌هێڵێتەوە لەگەڵ سووکێتەماشاکردنیا ؟ یا خەیر بیبا بۆ چۆڵ‌و زیندەبەچاڵی بکا لەناو گڵا ؟ بێدارنبەوە زۆر خراپەو ناپەسەندە ئەم حوکمە کە ئەیدەن بەسەر خودای تەعالادا بەوە کە کچی هەیە ؛ وەلحاڵ خۆیان رازی نین بە کچ ، وە یا زۆر ناشیرینە ئەم حوکمە کە ئەیدەن بەسەر کچدا بەوە یا ئەبێ رابگیرێ بە سووکی وە یا زیندەبەچاڵ بکرێ •

★ (لِلَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ) ★

بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان نیە بە رۆژی قیامەت سیفەتێکی ناشیرین‌و حاڵێکی بەد هەیە کە بریتیە لە کوفرەکەی‌و هاوڕێ بڕیاردانەکەی بۆ خوداو منداڵ بڕیاردان بۆ خودا •

★ (وَلِلّهِ المَثَلُ الأَعْلى وَهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٦٠) ★

وە بۆ خودای تەعالایش سیفەتی بەرزی زۆر باڵا هەیە کە عیبارەتە

لەوە (واجب الوجود)دو تاقو تەنیایە وە بێ نیازە لە عالەم وە خودا خاوەن حیکمەتە لە مۆڵەتدانی کافرانی بێ ئیمانا •

★ (وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِمْ مَا تَرَكَ عَلَيْهَا مِنْ دَابَّةٍ) ★

خودای تەعالا مۆڵەتی ئەو کافرانە لەبەر میهرەبانیەتیو لەبەر قەراری خۆیەتی لەسەر مانەوەیان ، ئەگەرنا ئەگەر خودای تەعالا زو ئادەمیزادی ستەمکاری بگرتایە لەسەر رووی زەوی قەت ئینسانێکی ستەمکاری نەئەهێشتەوە بڕوا بە دنیاداو بگەڕێ بەسەر عەرزا •

★ (وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إلى أجَلٍ مُسَمّىً) ★

بەڵام خودا دوایان ئەخاو مۆڵەتیان ئەدا هەتا وادەیەکی دیاریکراوی ناوبراو •

★ (فَإذا جَاءَ أجَلُهُمْ لا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ) (٦١) ★

جا کاتێ وادەی گرتنیان هات ئەوە ناتوانن ئەو وادەی فەوتانی خۆیانە پاش بخەن وەکو لەوەبەر نەیانتوانیوە وادەکەیان پێش بخەن •

★ (وَيَجْعَلُونَ لِلّهِ ما يَكْرَهُونَ وَتَصِفُ ألْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أنَّ لَهُمُ الحُسْنى ، لا جَرَمَ أنَّ لَهُمُ النَّارَ وأنَّهُمْ مُفْرَطُونَ) (٦٢) ★

ئەو کافرە موشریکانە بڕیار ئەدەن بۆ زاتی پاکی خودای تەعالا شتێکی وەها کە پێیان ناخۆشە بۆ خۆیان وەکو بوونی شەریكو هاوڕێ

له عیباده‌تاو حوکم‌و فه‌رمانا وه بوونیان به خاوه‌ن کچ ، وه له‌گه‌ڵ ئـه‌م تاوانباریه‌دا زوبانیان واته‌ی درۆی پیادا دێ درۆکه‌یشیان ئه‌مه‌یه که لـه قیامه‌تا پایه‌و مایه‌و پله‌ی جوانیان هه‌یه‌و له به‌هه‌شتا ئه‌بن •

بزانن راست ئه‌وه‌یه کـه ئه‌وانه ئاخری دۆزه‌خیان هـه‌یه‌و ماوایان دۆزه‌خه‌و ئه‌وانه ئه‌خرێنه پێشه‌وه بۆ ناو ئاگری دۆزه‌خ . وه ئه‌و قسه که ئه‌یکه‌ن بۆ خۆیان درۆیه •

★ (تاللهِ لَقَـدْ أرْسَـلْنا إلى اُمَمٍ مِـنْ قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطانُ أعْمالَهُـمْ فَهُـوَ وَلِيُّهُمُ الْيَـوْمَ وَلَهُمْ عـذابٌ ألِيمٌ) (٦٣) ★

قه‌سه‌م به خودای ته‌نیا به راستی پێغه‌مه‌رانمان نارد بۆ لای چـه‌ن ئوممه‌تێ له پێش تۆدا بوون ، وه ئه‌وانیش یاخی بوون له فه‌رمانی ئـه‌و پێغه‌مه‌رانه‌و له‌سه‌ر کوفرو تاوانباری مانه‌وه‌و شه‌یتان ئه‌و کرده‌وه نابارانه‌ی جوان کرد له‌به‌ر چاویانا ، وه شه‌یتان ئیمڕۆ له‌م دنیادا دۆست‌و یارمه‌تیده‌ری ئه‌وانه : واته له‌و رۆژه‌دا که له ناویانا گومڕاهی بڵاوئه‌کرده‌وه . وه بۆ ئه‌وان هه‌یه سزای ناهه‌موار له رۆژی قیامه‌تا •

★ (وما أنْزَلْنا علَيْكَ الكِتابَ إلاّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الّذي اخْتَلَفُوا فِيهِ وهُدىً ورَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنونَ) (٦٤) ★

وه ئێمه کیتابمان نازڵ نه‌کرد بۆ سه‌ر تۆ بۆ ئه‌وه نه‌بێ که تۆ له‌سه‌ر میزانی ئه‌و کتێبه به‌یان بکه‌ی بۆیان ئه‌و شتانه که ئه‌وان جیاوازییان بوه تیایانا وه‌کو : یه‌کیه‌تی خوداو ، په‌روه‌ردگاری‌و مه‌عبوودی زاتی ئه‌وو ، ئه‌حواڵی رۆژی قیامه‌ت له زیندوبوونه‌وه‌ی هه‌موو موکه‌له‌فێ‌و ، پرسیارو

جواب‌و ، شارەزاکردنیان بۆ ئەوەی واجبە لەسەریانو ، ئەوەی حەرامەو ناڕەوایە . وە بۆ ئەوە کە ببێ بە هۆی رەحمەت‌و ئاسایش بۆیان لە دنیاو قیامەتا بۆ ئەوانەیان کە ئیمان بێنن‌و تابیعی ئیرشادی پێغەمەرەکان بن ، کەچی ئەوان بە خیلافی ئەوەی سوودی هەردو دنیای ببێ بۆیان رەفتاریان کـرد ٠

★ (واللهُ أنْزَلَ مِنَ السَّماءِ مـاءً فاَحْيـا بِـهِ الاَرْضَ بَعْـدَ مَوْتِها إنَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَسْمَعونَ) (٦٥) ★

خودا بە قودرەت‌و تەوانایی خۆی بارانی لە ئاسمانەوە باراندوەتە خوارەوەو عەرزی زیندوکردەوە بەو بارانەو کـردی بـە عەرزی خاوەن کشتوکاڵ‌و خاوەن گوڵ‌و گوڵزار وە خاوەن سەرچاوەو روبار پاش ئەوە کە عەرزێکی بێ‌خێری مردووی بێ زینەت بو ، بە راستی هەیە لە بیستنی ئەم ئامۆژگاریانەدا نیشانەی گەورە لەسەر تەوانایی خودای تەعالا بۆ ئەو قەومە کە ئامۆژگاری ئەبیێن بـە بیستنێکی بەسوود وە بیر ئەکەنەوە لـە مەعنای وتارو ئیرشادی پێغەمەرا ـدـ ٠

★ (وإنَّ لَكُمْ في الاَنْعامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا في بُطُونِهِ مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ ودَمٍ لَبَناً خالِصاً سائِغاً لِلشَّارِبِينَ) (٦٦) ★

وە هەر وەکو لە باراندنی باراناو رواندنی کشتوکاڵ‌و گیای بە سوود لە دەشت‌و دەرانا عیبرەت هەیە بۆ ئینسانی خاوەن شوعوور بـە راستی هەیە بۆ ئێوە لـەم ماڵیاتەدا کـە وا لەبەر دەستانا وەکو وشترو ٠ گاو ، مەڕو . بزن ، چەن شتێکی جوانی وەها کە ئەبن بە هۆی پەندوەرگرتن بۆتان وە باوەڕکردنتان بە تەوانایی خوداو بە حیکمەت‌و میهرەبانی ئەو ، بۆ وێنە : زیاد لەوە کە لە تووکەکەیانو ، لە نەتەوەیانو ، لـە سواری

پشتیانو . لە خواردنی گۆشتیانا ... چەن سوودتان دەست ئەکەوێ ..
ئەدەمە دەرخواردتان شیرێکی سافی دوور لە خوێنو مادەی بێگانە کە
گەوارایە بۆ ئەوانە کە شیر ئەخۆنەوە ، وە ئەو شیرە پەیدا ئەبێ لەو
تەڕاییە وا لە سکیانا . وە پەیدا ئەبێ لە بەینی ئەو مادە پیسە کە ریخۆڵە
رایان‌ئەکێشێ بۆ خوارەوەو ئەو خوێنە کە جگەری حەیوانەکان ئەیبا بۆ
لای خۆی .

باسی ئەمە وەکو ئیمامی رازی -خ- ئەفەرموێت ، ئەڵێ : پەیدابوونی
شیر لەناو سکی ئەو حەیوانەدا دارای چەن وەزعی وەهایە کە هۆشی
ساغ ئیقرار ئەکا بەوە بە غەیری تەوانایی خودای خاوەن حیکمەت نایێتە
جێ ، وە ئەمە لە چەن روویەکەوەیە :

یەکەم : ئەمە کە خودای تەعالا لە خواری مەعدەوە (مەنفەذ)ێکی
دروست‌کردوە کاتێ گیانلەبەر شتێکی خواردو رۆیشتە مەعدەیەوەو کوڵا
ئەو مەنفەذە ئەبەسرێ هەتا بە تەواوی ئەو خواردەمەنیە هەزم ئەبێ . وە
ئەوەی کە سافە ئەڕوا بۆ جگەر وە ئەوەی قورسەو ناپوختە ئەو مەنفەذەی
بۆ ئەکرێتەوەو ئەڕواتە خوارەوەو ئەچێتە دەرەوە .

دووهەم : ئەمە کە خودا لە جگەرا هێزێکی داناوە هەر مادەیێ لە
خواردەمەنی هەزم بو ئەوەی سافەو بێ دەغیلەیە رای‌ئەکێشێو مادەی
قورس راناکێشێ ، وەکو ریخۆڵە مادەی قورس رائەکێشێو مادەی ناسك‌و
ساف راناکیشێ ، وە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە ئیشیان بکردایە نیزامی
تەندروستی تێك‌ئەچوو .

سێهەم : ئەمەیە : کە خودا لە ناو جگەرا هێزێکی دروست کردوە
ئەو ئەجزا سافانە رایکێشاوە ئەیانکولێنێو ئەیانکا بە خوێنو ئەو خوێنە

مادەی (سەودا)و (صەفرا)و ئاوی رووتی تیایە جا خودای تەعالا هێزێکی لە (زراو)ا داناوە کە (صەفرا)کە رائەکێشێ ، وە هێزێکی لە (سپڵ)دا داناوە سەوداکەی رائەکێشێ ، وە هێزێکی لە (گورچیلە)دا داناوە ئاوەکەی رائەکێشێ ، وە خوێنەکە بە سافی ئەمێنێتەوە لە گەڵ (تغذیە)ی لەشدا ئەگونجێ •

چوارەم : ئەمەیە لەو کاتەدا کە بەچکە وا لە سکی دایکیا لەو خوێنە سافە ئەندازەیەکی ئەڕواتە خوارەوە بۆ منداڵدان هەتا ببێ بە مادەی نەشئو نمای ئەو بەچکە ، وە کاتێ کە ئەو منداڵە کەوتە خوارەوە ئەو خوێنە کە زوو ئەڕۆیشت بۆ دەوری منداڵدان ئەگەڕێتەوە بۆ مەمکی حەیوانەکە وە ئەبێ بە شیر بۆ خواردەمەنی ئەو منداڵە ، وە مەمکە یا گوانی حەیوان سافی ئەکا بۆ خواردەمەنی رۆڵەکەی ، جا مادام خودا بە قودرەتی خۆی مادەی خواردەمەنی گیانلەبەر ئەوەندە وەزعی جیاوازی بەسەرا بڕوا هیچ عەجیب نیە بەڵکو زۆر مەعقوولە ئەو مادەی گیانلەبەرە مردوە وەزعێ تری بەسەرا بێ‌و بببێتەوە بەو •

★ (ومِنْ ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ والأَعْنابِ تَتَّخِذونَ مِنْهُ سَكَراً ورِزْقاً حَسناً إنَّ في ذلِكَ لآيَةً لِقَوْمٍ يَعْقِلونَ) (٦٧) ★

وە هەیە بۆ ئێوە لە بەری داری خورماو ترێدا عیبرەت وەکو لە حەیواناتا ، تەماشا ئەکەن ئەم داری خورمایە خورمای جۆرجۆرتان بۆ ئەگرێ ، وە داری ترێ چەن جۆر ترێتان بۆ ئەگرێ کە ژیواریان پێ ئەکەن بە تەڕی (رطاب)و ترێ‌و ، بە وشکی خورماو مێوژیان لێ وەرئەگرن . وە هەروا دروست ئەکەن لەم بەرانە مەشرووباتی شیرین وەکو (نبیذ)و دۆشاوی ترێی رەنگاو رەنگی سافی جوان ، وە مێوژو باسووق‌و

حەڵواو غەیری ئەمانە لەو خواردەمەنیە بەلەزەتانە کە لـە ولاّتا دروست ئەکرێن . کە ئەمانە هەموویان خواردەمەنیو ڕۆزییەکی جوانو دڵگیرن ، وە لـەم زۆرکردنی نیعمەتانەدا نیشانەی مەعقوول هەیە لەسەر وجوودو تەواناییو میهرەبانی خودا بۆ گەلێ کە هۆشیار بن یاخود عەقڵ بخـەنە کارەوە بۆ پەی بردن بە ئەنجامی پیرۆز •

لەم ئایەتەدا پرسیار کراوە : (سکر) وا دیارە ئەو خواردنەوە بێ کە ئەخورێتەوەو ئینسان مەست ئەکا کە ناو ئەبرێ بە (شەراب) وە ئەمە حەرامە ، جـا چۆن خودای تەعالا لـە ریزی نیعمەتەکانی خۆیا حسێبی ئەکا ؟

وەڵامی ئەمە چەن شتە :

یەکەم : ئەمەیە (سکر) لە زمانی عەرەبا چەن مەعنای هەیە ؛ ئەمەیە کە (سکر) لە زمانی عەرەبا نەبیذە کە بریتیە لە دۆشاوی ترێو مێوژو خورما ، ئەمانە کاتێ دروست بکرێن وەکو خۆشاو هـەتا تامیان خۆش ئـەبێ ، خواردنەوەیان ڕەوایە وەکو شەربەتی خورماو مێوژو ترێ کـە هەموو کاتێ ئەمانە ئەخورێنەوە •

دووهەم : ئەمەیە (سکر) بە مەعنا خواردەمەنی بەلەزەتە وە دیارە کە لەمانە گەلێ خواردەمەنی بەلەزەت دروست ئەکرێ کە بە دین حەڵاڵو بێ عەیبن •

سێهەم : ئەمەیە ئەگەر بڵێین (سکر) بە مانا خواردنەودی مەستکەرە ئەڵێین : ئەم ئایەتە لە مەکەدا نازڵ بوەو لەو کاتەدا شەراب حەرام نەبوەو

رەوا بوە بکرێ بە نیعمەتو بە هۆی منەتنان لەسەر ئوممەت[١] •

★ (وأوْحى رَبُّكَ إلى النَّحْلِ : أنِ اتَّخِذِي مِنَ الجِبالِ بُيوتاً ومِنَ الشَّجَرِ ومِمَّا يَعْرِشُونَ) (٦٨) ★

وە پاش ئەوە کە خودا بەیانی نیعمەتە پێشوەکانی کرد بەیانی نیعمەتی هەنگوین ئەکاو بەیانی تەوانایی خۆیشی ئەکا لە پەروەردەکردنی گیانلەبەراناو ئەفەرموێت : خودای تەعالا خستیە دڵی هەنگەوەو پێی راگەیاند کە : برۆ لە کێوەکاناو لە ناو داراناو لەو شوێنانەیشا کە هەرزاڵەت بۆ ئەبەستن خانوو بگرەو جێگە بگرەو دامەزرێو ژیوار بکە •

★ (ثُمَّ كُلي مِنْ كُلِّ الثَّمَراتِ فاسْلُكي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً) ★

پاش دامەزرانت لە هەموو گوڵو گیایێو لە هەموو بەری دارێکدا ئارەزووی ئەکەی بخۆو برۆ بەو رێگایانەدا کە خودای خۆت بۆی داناوی

(١) لێرەدا مانایەکی دیکە هەیە مامۆستا نەینووسیوەو دەگونجێ لەمانە زیاتر لەگەڵ ئایەتەکەدا بگونجێ : هەندێ لە زانایانی تەفسیر بۆ ئەوە چوون کە (سكر) لەسەر مانای خواردنەوە ــ مەستکەرەو لــە بەرابەری (رزقا حسنا) واتە : رۆزیەکی جوانەوە ، دانراوە هەتا موسوڵمانان وریا بکاتەوە بۆ ئەوەی کە شەراب رۆزیەکی جوانو پاك نیە ، وە ئەو زانایانە دەڵێن : عەرەق بە چوار پلە حەرام کراوە .

پلەی یەکەم : ئەم ئایەتەی ئێرەیە کــە ئیشارەیەکی پەنامەکیو ناسکی تێدایە .

پلەی دوەم : ئایەتی : (ويسئلونك عن الخمر والميسر ... تاد) .
پلەی سێهەم : ئایەتی : (ولا تقربوا الصلاة وانتم سكارى ... تاد) .
پلەی چوارەم : ئایەتی : (يا ايها الذين آمنوا انما الخمر والميسر والانصاب والازلام رجس ... تاد) .

بەم پێیە ئایەتەکە لەسەر مانای خۆی مانا دەکرێو پێویستی بە لادان بۆ لای مانای دیکە نیە . (م،ع،ق) .

کە هەموو رامن‌و ئامادەن بۆ هاتوچۆ پیایانا هەتا لەو بەرانە وەربگری . جا بەو رێگادا کە ئارەزووو ئەکەی بێرەوە بۆ شوێنەکەی خۆت ، وە لە پاش ئەمە خودای تەعالا بە صوورەتی حاڵی غائیب ئەفەرموێت :

★ (يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ . فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (٦٩) ★

واتە لە ئەنجامی ئەم دەرچوونی مێشی هەنگەو وەرگرتنی لە هەموو بەرێ ئارەزووی ئەکات ئەگەرێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی‌و لە سکی دەرئەچێ هەنگوینێ کە بۆ خواردن ئەشێ‌و چەن رەنگ‌و جۆری هەیە ؛ وەکو : زەردو . بۆرو ، سەوزو . تێکەڵ لەمانە بە پێی نەوعیەتی ئەو بەرە کە وەری ئەگرێ . وە هەیە لەو هەنگوینە بۆ ئادەمیزاد شیفا لەگەڵێ دەردو ناساغی ، بە راستی هەیە لەم تەربیەت‌و تێگەیاندنی مێشی هەنگەداو لە پەیداکردنی هەنگوینی رەنگامە دەلیل‌و نیشانە لەسەر تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە بیر ئەکەنەوە لە ئیش‌و کارا .

لێرەدا چەن شتێ هەیە :

یەکەم : ئەمە کە کەلیمەی (وەحی) بەکارهاتوە لە قورئانی پیرۆزا بۆ گەیاندنی کیتابی ئاسمانی بە فریشتەی پایەبەرزا کە (جوبرەئیل)ە بۆ لای پێغەمەران ـ دـ وەکو خودا فەرموویەتی : (شرع لكم من الدين ما وصى به نوحا والذي اوحينا اليك) . وە بۆ ئیلهامی دۆستانی خودا وەکو لە قورئانا خودا فەرموویەتی : (واذ اوحيت الى الحواريين ... الآية)وە وەکو (واوحينا الى ام موسى ان ارضعيه ... الآية) . وە بۆ دامەزراندنی کردەوەیێ یا حاڵێ لە خلیقەت‌و غەریزەی گیانلەبەرێکدا وەکو ئەم ئایەتە کە فەرمووی : (واوحى ربك الى النحل ... الآية) .

دوەم : ئەمەیە خودای تەعالا بۆیە بە ئیهتیمام فەرمووی : (واوحی ربك الی النحل ...) چونکە لە واقیعا ئەم مێشە کاری زۆر نایاب ئەکا ، وەکو ئەوە خانووی شەش‌خشتەکی دروست ئەکا بۆ خۆی بە جۆرێ کە مەگـەر زانای هەندەسە بتوانێ خانووی وا دروست بکـا ، وە ئەگـەر خانوەکەی شەش‌خشتەکی نەبێ گەلێ لەو خانوویە بـە بێ سوود زایـە ئەبێ . بەلام ئەگەر شەش خشتەکی بێ هیچ لەوانە زایە نابێ .

وە لـە ناو مێش‌هەنگدا گەورەو سـەردار هـەیە مەشهووره بـە (شاهەنگ) وە لەشی گەلێ لە باقی مێشەکان گەورەترەو فەرمانی ئەڕوا بەسەر هەمووياناو خزمەتی ئەکەن ، وە لە کاتی دەرچوونا بە چەن مێشێ هەڵی ئەگرن لەسەر باڵی خۆیان ، وە یاخود بە ڕێزەوە ئەم‌لاو لای ئەگرن‌و ئەفڕن بۆ ئەو شوێنە ئارەزووی ئەکەن .

سێهەم : ئەمەیە کە هەنگ دوو بەشە ، بەشێکی لە کەژو کێواو لە ناو بێشەو دارستانا هێلانە ئەکاو ئادەمیزاد خزمەتی ناکا مەگەر بە ڕێکەوت پێی بزانێ‌و هەنگوینەکەی دەربێنێ ئەم بەشە مەقسوودە لە قەولی خودا (من الجبال ومن الشجر) . وە بەشی دوەمی ئادەمیزاد تەربیەتیان ئەکاو ئەمەیان مەقسوودە لە قەولی خودای تەعالا (ومما یعرشون) .

چوارەم : ئەمەیە ئەو شیفایە کە هەیە لە هەنگوینا بۆ بازێ ناساغیە نەك بۆ هەموو ناساغیەك[1] .

---

(١) لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە زانایانی تەفسیر ـ ئەوەی من بزانم ـ لەسەری نەڕۆیشتوون‌و مامۆستایش باسی نەکردوەو بـە بیری من جێگەی وردبوونەوەیە لـە توانایی خودا لـە کارو زیرەکی هەنگدا ، خاڵەکەیش لـە (واسلکي سبل ربك ذللا)دایە ، وەك روونە هـەموو بڕگـەکانی دیکـەی ئایەتەکانی باسی هەنگ گەلێ وردەکاری‌و باسی زیرەکی هەنگ‌و دەربڕینی

★ (واللهُ خَلَقَكُمْ ، ثُمَّ يَتَوَفَّاكُمْ ، ومِنْكُمْ مَنْ يُرَدُّ إلى

توانای خودایان تێدایە ، ئەم بڕگەیش هەمان‌شێوە بەڵگەیەکی دیکەی زیرەکی هەنگە . لە کوردستاندا ئەوانەی لە شاخ‌و داخدا بە شوێن هەنگدا دەگەڕێن تا ئەیدۆزنەوە چەن ڕێگەو یاسای تایبەتییان هەیە کە ئەم زیرەکیەی هەنگ ڕوون دەکەنەوە .

ئەوەی کە باوەو زانراوە کەسێك بیەوێ شوێنی هەنگێ بدۆزێتەوە ئەچێتە سەر ئاوێك دائەنیشێ‌و سەیری (ئاوبەر)ی ـ واتە ئەو هەنگەی دێتە سەر ئاوەکەو ئاو بۆ شارەکەی خۆی دەبات ـ هەنگەکە دەکات تا بزانێ ئەو هەنگە کە ئاوی هەڵگرت ڕوو دەکاتە کوێ . جا هەنگەکە کە ئاوی هەڵگرت دوو سێ جار بە دەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە تا بەرز ئەبێتەوە ، ئەوسا ڕێگەیەکی ڕاست دەگرێتە بەر بە جۆرێ کە لارەکە ناکات تا دەگاتەوە شارەکەی خۆی ، جا ئەو کەسەی کە بۆ هەنگەکە دەگەڕێ کە توانی ڕێگە ڕاستەکە بدۆزێتەوە ئەوە کارەکەی سووك کردووەو بەوە دەوترێ (ڕاساو) ، دوای ئەوە کابرا هەنگاو بە هەنگاو بەرزایی‌و بەرزایی‌و دارەو دارو بەردەو بەرد لەگەڵ گیزەی باڵی هەنگەکەدا دەڕواو چاوی تێدەبڕێ تا دەگاتە سەر شارەکەی . واتە هەنگەکە لەسەر ئاوەکەوە تا شارەکەی ڕاستە شەقامێکی بۆ خۆی دیاری کردووە کە هەرگیز لێی لاناداو لێی تێك ناچێ .

لەم بارەوە دەڵێن : هەنگ یەك جار بە هەر شوێن‌و جێگەیەکدا بڕوا ئیتر ئەو ڕێگەی لەبیر ناچێ‌و بێ هەڵە دەگەڕێتەوە سەر جێگەی خۆی . ئەمەیش لەوەوە دەردەکەوێ کە هەنگ لە شاری خۆی دەردەچێ‌و چڵاوچڵ‌و گوڵاوگوڵ دەکاو دەگەڕێ‌و شیلە دەمژێ‌و دوایی یەکسەر دەچێتەوەماڵی خۆی .

لە لایەکی دیکەیشەوە کاتێ پوورەهەنگێك لە شاخەوە دەبەنەوە ئاوەدانی . یان لە گوندێکەوە دەیبەن بۆ گوندێکی دیکە دەیان کیلۆمەتر لە زێدو مەڵبەندی خۆی دوور دەکەوێتەوەو لە سندووقێ یا لە کوولەکەیێ یا لە پوورەیەکی گڵینەی دەم‌بەسراودا ئەو ماوەیە دەیگوێزنەوە کاتێ دایان‌ناو دەمیان بەرەڵا کرد دەفڕێ‌و دەس‌بەکار دەبێ‌و دەگەڕێ‌و ئاو دێنێ‌و شیلە دەمژێ‌و بێ شوان‌و خاوەن‌و دەلیل دێتەوە ماڵی خۆی ... دیارە ئەمە بەشێکە لە مانای ئەوەی کە دەفەرموێ : (واسلكي سبل ربك ذللا)و دیارە خودا بەم جۆرە ڕێگەی بۆ خۆش کردووەو ڕێنومایی دەکات .

أَرْذَلِ العُمُرِ لِكَيْ لا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئاً ، إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ) (٧٠) ★

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی تەسەڕوفاتی خۆی کرد لە ئاسمانو زەویو لە گیانلەبەرانا لە حەیواناتی چەرِندەو پەڕندە •• باسی تەصەڕوفاتی خۆی ئەکا لە نەفسی ئادەمیزادا وە ئەفەرموێت : خودای تەعالا لە نەبوون ئێوەی دروستکردووەو لە پاش رابواردنی عومر کەم بێ یا زۆر رۆحەکەتان وەرئەگرێو ئەتانمرێنێ ، وە لەو ماوەی ژیانەدا فەرقتان هەیە • بازێ بە منداڵیو • بازێ بە گەنجیو ، بازێ بە دەمەوپیریو ، بازێ بە پیری عادەتی ئەمرێنێو • لە ئێوەیشدا هەیە کەسێ کە زۆر پیر ئەبێو هێشتا هەر عەقڵو هۆشی لەسەر خۆیەتی بە تایبەتی لەو موسوڵمانانەدا کە دڵیان ئاوەدانە بە رووناکی زیکری خوداو لەشیان خاوەن بەشە لە عیبادەتا ، وە ئەم تاقمە با زۆر پیر بن بە خیلافی عادەت بەو عومرەیان ناڵێن (ارذل العمر) بەڵکو ئەوە (افضل العمر) وەکو حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (خیرکم من طال عمره وحسن عمله) واتـە : چاکترینی ئێوە کەسێکە عـومری درێژ بێو کردەوەی جوان بێ ، یانی موافیقی دین بێ ، وە هەیە لە ئێوەدا کەسێ کە زۆر پیر ئەبێو وەکو منداڵی وردەساڵی لێ دێ ، وە لەو شتانە کە زانیونیو فێریان بوە هیچی لەبیر نامینێ ، وە ئەم عومرە (ارذل العمر)ەو وجوودی ئەمانە کەمو نایابە ، بە راستی خودا زانایە بە ئەندازەی عومرتان وە تەوانایە لەسەر ئەوە گەنجی بەهێز بمرێنێو پیری پەرپووت بژێنێ •

★ (واللهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ) ★

وە هەر وەکو لە عومردا خودا فەرقی ئێوە ئەخا بە کەمو زۆر هەروا لە ژیواریشدا وە خودا تەفزیلی بازێ لە ئێوەی داوە بەسەر بازێکتانا لە

رزق‌و رۆزیدا بە پێی ئەو خواستی خۆیە وە ئەمە بۆ ئەو کەسانە کە ئاگادارن لـە دیناو نـە کاسبانی دنیا رووناك‌و دیارە وە ئەمە هـەر لەسەر فەرمانی خودایە هەرچەند ژیانی لەسەر ئەسبابە ئەمە عەلاقەی نیە بە ئەسبابەوە ، تەماشا! ئەکەین دوو جووتیار لەیەك زەویدا جووت ئەکەن‌و خەتێ وا لـە بەینیاناو کشتی هەردووکیان باش بەرز ئەبێتەوە کەچی لە کاتی حاصڵدا تەرزە ئەدا لە کشتی یەکێکیان‌و نادا لەویان • هەروا دوو بازرگانی خاوەن دارایی بە هەزاران فەردە قوماش دێنن کەچی ماڵی یەکێکیان لە بەندەردا نوقم ئەبێ‌و ئەویان بە ساغی دەرئەچێ • وە یەکێ زۆر زانایە لە ئەنواعی ئیش‌و کاراو کەچی لات‌و بێ نانە . وە یەکێکی تر زۆر نەزانە کەچی زۆر دارایـە • هـەروا باقی صیفەتە باشـەکان وەکو هۆشیاری‌و کـەرەم‌و ، بەخشش‌و . خۆگرتن‌و . مداراو . ئیرادەو ، ئیدارە •

بە کورتی کەس ئینکاری ئەسباب ناکاو واجبە دەست بگرین بـە ئەسبابەوە . بەڵام هیچ هۆشیارێ حەقی ئەوەی نیە کە بڵێ ئەسبابی عادەتی هەموو شتێکە ، بەڵکو هۆشیارانی جیهان هاوبڕیارن کە ئەسبابی مادی هەمووی بێتە جێگە هێشتا پێویستە بـە خواستی پەروەردگارو بـە بێ خواستی ئەو هیچ نایێتە جێگە • لەسەر ئەم مەعنایە حەزرەت فەرموویە : (ما شاء الله كان وما لم يشأ لم يكن) ئەوەی خودا ویستی ببێ بوو ، وە ئەوەیشی خودا نەیویست نەبو •

وە گەلێ جار ئینسان سەری سوڕئەمێنێ لە بازە زانایێ کە شکات ئەکەن لە نەدارایی‌و ئەڵێن : تەماشا ! تەماشا ! فلان دووکانداری نەفام چەن دارایەو زانایەکی وەکو من بێ نەواو بێ ماڵم ! ئەم جۆرە باسە زۆر بێ نرخـە ؛ چونکی ئەگـەر تەماشای ئەسباب ئەکـا کابرای دووکاندار هەمیشە خەریکی کارو کاسبی‌و کڕین‌و فرۆشتنە ، وە ئەم زانا لە حوجرەی

خۆیا دانشتوە . وە بە هیچ جۆرێ ئەسبابی دارایی بەجێ نەهێناوە ؛ جا قابیلە یەکێ بڕوا بە ڕێگەداو یەکێ ڕاوەستێ بین بە هاومەنزڵ ؟

وە ئەگەر تەماشای ئەسبابی عادەتی ناکا ئەبێ ئەم ئیعتیرازە پووچ و بەتاڵ بێ ؛ چونکی ئیعتیراز لەسەر ئیرادەی خودا شێوەی ئینسانی موسوڵمان نیە . وە پێویستە هەموو لایێ مل بۆ ئیرادەی خودای تەعالا رابکێشین •

★ (فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ) ★

دەی کە رۆزی هەموو کەس لە لای خودا بێ و ئەو رۆزی هەموو گیانلەبەرێ بدا وەنەبێ ئەو کەسانە کە خودا رۆزی زۆرکردن لە بەشە رۆزیەکەی خۆیان بگێڕنەوە بۆ سەر ئەو غولامانە کە مولکی ئەوان • بەڵکو ئەوەی ئەیدەن بەوانە رۆزی خۆیانەو لە لای خوداوە بۆیان حەوالە کراوە بەلام بەسەر دەستی گەورەکانیانا بۆیان هاتوە ، ئەنا هەموو لایەکیان ئاغاو خزمەتکار هەموو لە رۆزیدا وەکو یەك وەهان وە خودا رۆزی هەموویان ئەدا •

★ (أَفَبِنِعْمَةِ اللهِ يَجْحَدُونَ ؟!) (٧١) ★

ئایا ئەم خاوەن ماڵانە ئینکاری ئەو نیعمەتەی خودا ئەکەن کە لەسەر دەستی ئەوانا رۆزی ئەنێرێ بۆ خزمەتکارەکان ، وە یاخود ئینکاری ئەو نیعمەتی خودا ئەکەن وەکو ئەو رزقە بێ کە ناردوویەتی بۆ ئەو خزمەتکارانە وە ئەڵێن : ئەو رزقە رزقی ئێمەیە ئەیدەین بەو خزمەتکارانە ؟! ئەبەدا حەقی ئەمیانە نیە •

★ (واللهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أنْفُسِكُمْ أزْواجاً وجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أزْواجِكُمْ بَنِينَ وحَفَدَةً ورَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّباتِ ، أفَبِالباطِلِ يُؤْمِنونَ وبِنِعْمَةِ اللهِ هُمْ يَكْفُرونَ ؟!) (٧٢) ★

خودای تەعالا پاش ئەو نیعمەتانە باسی نیعمەتێکی گەورە ئەکا لەسەریانو ئەفەرموێت : خودای تەعالا لە صینفی خۆتان هاوجووتی بۆ دروستکردوون ، وە لەو هاوجووتانە کوڕو کوڕەزای پێداون ، واتە : لە ژنەکانی خۆتان کوڕو لە ژنی کوڕەکان کوڕەزای داوە پێتان ، وە رۆزی هەمووتانی داوە لە حەلاڵی بەلەزەت ، ئایا پاش ئەم هەموو نیعمەتانە کە داومە پێیان ئەڕۆن باوەڕ ئەکەن بە شتی بەتاڵ وەکو بتەکان وە عەقیدەی ئیستیفادەو سوود وەرگرتن لەوان وە حەرامکردنی بازێ نیعمەتی خوداو کوفری نیعمەتی خودای پەروەردگار ئەکەن لەسەریانو نیعمەتەکان نیسبەت ئەدەن لە غەیری خودای تەعالاو بە رێگەی دینی ئەوانا ئەڕۆن ؟!

★ (ویَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ما لا یَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقاً مِنَ السَّماواتِ والأرْضِ شَیْئاً ولا یَسْتَطِیعونَ) (٧٣) ★

وە ئەو کافرانە عیبادەتی شتانێ ئەکەن غەیری خودای تەعالا کە نە دارای رزقو رۆزیە بۆ ئەوان لە ئاسمانەکانو لە عەرزا هیچ نەوعە رزقێ وە نایشتوانن لەمەولا ببن بە خاوەن رزق ، واتە نە ئەتوانن باران ببارێنن لە ئاسمانەوەو نە ئەتوانن گیا بڕوێنن لە عەرزا ، وە یا شتێ دروست بکەن بۆیان کە ژیواری پێ بکەن وە نە توانای ئەوەیشیان هەیە .

★ (فلا تَضْرِبوا لِلهِ الأمْثالَ ، إنَّ اللهَ یَعْلَمُ وأنْتُمْ لا تَعْلَمونَ) (٧٤) ★

مەکەن ! وە بە ئەدەب بن‌و هاووێنە بۆ خودا بڕیار مەدەن بە درۆو دەلەسە • خودا زانایە بەوە هەرچی بیرو باوەڕی ئێوە هەیە لەم بابەتانەدا هەموو پووچ‌و بێ نرخە بەڵام ئێوە نازانن بیربکەنەوە با راستیتان بۆ دەرکەوێ •

★ (ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً عَبْداً مَمْلوكاً لاَ يَقْدِرُ على شَيْءٍ ، ومَنْ رَزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقاً حَسَناً فَهُوَ يُنْفِقُ مِنْهُ سِرّاً وجَهْراً هَلْ يَسْتَوونَ ؟ الحَمْدُ لِلهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمونَ) (٧٥) ★

خودا تەنازول ئەكا بۆ ئیرشادی ئێوەو نموونەیەکتان بۆ بەیان ئەکا لە زاتی خۆی‌و لەو بتانە کە کافرەکان ئەیانپەرستن ، واتە : ئەو بتانە وەکو بەندەیەکی مەملووکی وەهان کە هەرچی ئاغاکەی پێی نەدا دەستەڵات‌و تەواناى بەسەر هیچ شتێکا نەبێ ، وە زاتی ئێمەیش وەکو ئینسانێکی ئازادی خاوەن پایە وایە کە ئێمە رزق‌و رۆزیەکی باشی رەسامان پێدابێ‌و ئەو کەسەیش لەو رزقە جوانە خەرج ئەکا بۆ داماوان‌و میوان‌و دۆست‌و دوژمن بە پەنامەکی‌و بە ئاشکرا ••• ئایا ئەو دوو کەسە وەکو یەك وان ؟ حاشا وەکو یەك نین ، (الحمد لله) ئەکەم کە زانرا ئەمانە وەکو یەك نین ، یاخود بزانن نموونەی دووهەم نموونەی خودایەو هەرچی حەمدو ثەنا هەیە هەر بۆ ئەوەو کەس رایەی ئەوەی ناکەوێ حەمدی بۆ بکرێ ، بەڵکو زۆربەی ئەم ئادەمیزادانە نازانن بە حەقیقەت‌و حەمدو ثەنا زایەئەکەن کە بۆ غەیری خودای پەروەردگاری ئەکەن •

★ (وضَرَبَ اللهُ مَثَلاً رجُلَيْنِ : أحَدُهُما أبْكَمُ لا يَقْدِرُ عَلى شَيْءٍ وهُوَ كَلٌّ على مَوْلاهُ ، أيْنَما يُوَجِّهْهُ لا يَأْتِ بِخَيْرٍ ، هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَنْ يَأْمُرُ بِالعَدْلِ وهُو عَلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ ؟) (٧٦) ★

خودا لە ئایەتی پێشوودا نموونەی بەیانکرد بە بەندەیەکی مەملووك کە بێ دەستەڵات بێو ئینسانێکی ئازادی دەوڵەتمەندی خێرۆمەند ، وە لەم ئایەتەدا نموونەی بتو خودا بەیان ئەکا بە دوو کەس ؛ یەکەم : بەندەیێ بێ لاڵو بێ زمان بێو شایاوی کار نەبێو بووبێ بە بار بەسەر ئاغاکەیەوە ، وە دوەم ئینسانێکی زاناو زماندار کە فەرمان بدا بە هەرچی رێکەو راستەو مایەی سەربەرزیە .

وە فەرمووی : خودای تەعالا وێنەیەکی تری باسکردوە بۆ ئێوە کە بریتیە لە دوو پیاو ، یەکێکیان ئینسانێکی لاڵی بێ زمانە لە شت حاڵی نەبێو کەس حاڵی نەکاو تەواناى هیچ سنعەتو پیشەیەکی باشی نەبێ وە ئەو ئینسانە بار بێو قورس بێ لەسەر شانی ئاغاکەیو بۆ هەر شوێنێکی بنێرێ بۆ هەر کارێ نەگەڕێتەوە بە سوودێ بۆ خاوەنەکەی ئایا بەندەیەکی وەها هاوشانی ئەبێ لەگەڵ کەسێکدا کە ئازادو ئامادەو کارلێهاتوو سەردەرچوو زمانزان بێو مەشغوولی رێنومایی خەڵك بێو فەرمان بدا بە راستکاریو میانەداریو ئینصاف لە خوصوومەتاو لە بڵاوکردنەوەی رەوشتی پەسەندا ، وە ئەو شەخسە هەمیشە خۆیشی لەسەر رێگەی راست بێ ، واتە فەرمان بدا بە چاکە لە کاتێکدا خۆیشی باشکردارو پایەدار بێ ؟ حاشا ئەمانە هەرگیز وەکو یەك نین .

★ (وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا أَمْرُ السَّاعَةِ إِلاَّ كَلَمْحِ البَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ ، إِنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (٧٧) ★

پاش ئەوە کە خودای تەعالا ئەو دوو نموونەی باس‌کردو تەقریری ئەوەی کرد کە خودای تەعالا موناسەبەی نیە لەگەڵ بتەکانا لەوە لایدا بۆ شتێ کە وەکو دەلیل وایە لەسەر ئەوە کە ئەبێ پەروەردگاری عالەم دوور بێ لە موناسەبەی غەیری خۆی بەوە کە پێویستە خودای عالەم زانا بێ بە هەموو شتێو تەوانا بێ لەسەر هەموو مومکینێ لە مومکینات ، وە فەرمووی : خودای تەعالا ئەوەندە زانستی رەسای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا کە پەنهانە لە عالەمی بڵندا کە ئاسمانەکانە وە لە عالەمی نەویدا کە زەویە بە وشکانو دەریاوەو ، ئەو زانستە هەر بۆ ئەوەو بۆ کەسی تر نیە • وە ئەم عیلمە صیفەتی زاتی ئەوەو وا لەگەڵیاو لێی جیا نابێتەوە ، وە کەسی تر ئەم عیلمەی نیە مەگەر عیلم بە شتێ کە خودا ئاگاداری بکاو خەبەرداری بکا لەسەری لەبەر حیکمەتێ کە خۆی ئەیزانێ •

وە ئەوەندەیش خاوەن قودرەتو تەوانایە کە ئەم عالەمە هەمووی وەکو ئەڵقەیەکی سووك وایە بە دەستی کەسێکەوە ، وە ئەتوانێ ئەم عالەمە بڕووخێنێ بە کاتێکی کەم ، وە کاری بەجێهاتنی قیامەتو رووخاندنی ئەم جیهانەو هەڵپێچانی رۆژو مانگو باقی ئەستێرەکانو مەحوکردنەوەیانو شیکردنەوەی کێوەکانو وشککردنەوەی دەریاکان لە لای خودادا وا ئاسانە وەکو چاوبڕکەیێ ؛ بەڵکو لەوە نزیکترە ؛ چونکی جووڵاندنەوەی پێڵووی چاو بۆ سەرەوە هەتا چاو بڕوانێو دانانەوەی لەسەر شوێنی خۆی پێویستە بە چەن ئانێکی یەك لە شوێن یەك ، وە تەصەڕوفی خودا

ماوەو کاتی ژمارەداری ناوێ ، وە بە راستی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو کارێکدا کە قابیلی وجوودی واقیعی بێ ، وە مومکینات بەرابەر بە هێزی واجب رامو داماوە •

★ (واللهُ أخرَجَكُمْ مِنْ بُطونِ اُمَّهَاتِكُمْ لا تَعْلَمُونَ شَيْئاً . وجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ والاَبْصارَ والاَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (٧٨) ★

وە خودای تەعالا گەلێ تەصەڕوفاتی عەجیبو غەریبی نیشانداوە بە ئینسانی هۆشیار ئەگەر بیر بکاتەوە ، تەماشا ئەکەی خودای تەعالا ئێوەی ماوەیێ ڕاگرتوە لە سکی دایکدا ، جا دەری‌کردوون لە سکی دایکتان بە حالێ کە هیچ نازانن‌و لەگەڵ ئەوەدا پلە پلە ئەتانکا بە دارای زانست بە هۆی مولاحەزەی (بدیهیات)و ئیستیدلال بەوان لەسەر (نظریات)وە بە هۆی تەوفیق‌و یارمەتیداتتان بە وجوودی ئوستادی زاناو کات‌و شوێنی موناسب‌و بەرزتان ئەکاتەوە لە پایەکانی زانستا لەسەر خواستی خۆی •

وە خودای تەعـــالا هێزی بیستنی پێداون‌و هێزی دیتنی ئەشیای پێداون کە هەر کامە لەمانــە کاتێ ئینسانی هۆشـیار تەماشای جیهــازو ئەسبابی بیستن‌و بینینەکەتان بکا لە تەوانایی خودا سەرسام ئەبێ • هەروا خودای تەعالا دڵی پێداون کە پەیوەندی تەواوی هــەیە بــــە ئیدراکی مەعلووماتەوەو ، وەرگرتنی شین‌و شادیەوە ، وە رووناکبوونی بە بەرەکات‌و ئەنواری غەیبی کە دەرکی نهێنی ئەم ئەعزایانەو دۆزینەوەی نهێنی ئــەو هێزانە کە لەوا نواون پێویستی هەیە بە یارمەتی خودا ئەنا ئینسان پێیان ناگاو تێیان ناگا ، ئەم نیعمەتانەم داوە بە ئێوە بە هیوای ئــەوە سوپاسی پەروەردگاری خۆتان بکەن •

★ (أَلَمْ يَرَوْا إلى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ في جَوِّ السَّمَاءِ ؟ مَا يُمْسِكُهُنَّ إلاَّ اللهُ ، إنَّ في ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنونَ) (٧٩) ★

ئایا ئەم ئادەمیزادانە بۆچی تەماشا ناکەنو ناڕوانن بە روانینێ بگا بە کەشفی ئەو پەلەوەرانە کە ئامادەکراون بۆ هەڵفڕینو گەڕاندن بە فەزای ئاسمانا کە لەگەڵ ئەوەدا قورسنو بە تەبیعەت ئەبێ بکەونە سەر عەرز خودای تەعالا رای گرتوونو کەس ناتوانێ لەوێدا رایانبگرێ خودا نەبێ ؛ چونکی بناغەی ئەو هێزی مانەوە لەوێدا بە ئیبداعی خودایە •

وە لەم هێزانەدا کە خودا دایناون لەم گیانلەبەرانەدا گەلێ ئایەتو دەلیل هەیە بۆ گەلێ کە ئیمانو باوەڕیان بە خودای زاناو تەوانا هەیە •

★ (واللهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيوتِكُمْ سَكَناً ، وجَعَلَ لَكُمْ مِنْ جُلودِ الأَنْعامِ بُيوتاً تَسْتَخِفّونَها يَوْمَ ظَعْنِكُمْ ويَوْمَ إقامَتِكُمْ ، ومِنْ أصْوافِها ، وأوْبارِها ، وأشْعارِها ، أثاثاً ومَتاعاً إلى حينٍ) (٨٠) ★

وە خودای تەعالا ئەسبابی ئەوەی بۆ ئامادەکردوون ئاسایش بکەن لە هەموو شوێنێکدا وە جێگەی دانیشتنی بۆ کردوون لە خانوەکانتانا ، وە لە پێستی حەیواناتیش خانووی سەیاری بۆ کردوون بۆ رۆژی کۆچکردنو هەوار بە هەوار بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵو بۆ مانەوەو دانیشتنتان لەو دەشتەدا کە چەترێکی راسەری سووکەو وێنەی قوبەی بەرزی مولووکەو ، بە سووکی ئەیگوێزنەوە بۆ دۆڵیو بۆ دەشتی ، وە لە دۆزەخی بۆ بەهەشتی ، هەروا دروستی کردوە بۆتان ، یانی ئیلهامی کردوەتە دڵتان ، لە خوری مەڕانو لە کورگی وشترانو لە مووی بزنەکان رایەخو

پێخەفو بەرگو پۆشاكو فەرەنجیو پەستەكی چاك دروست بكەن بـۆ ئەساسو ناوماڵو بۆ رابواردنی پیاوی خاوەن حاڵ وە ئەمانەتان بۆ كراوە تا كاتێ هاتی خاوەنەكەیان بێ •

★ (واللهُ جَعَـلَ لَـكُمْ مِمَّـا خَلَـقَ ظِـلالاً وجَعَـلَ لَـكُمْ مِنَ الجِبالِ أكْناناً ، وجَعَلَ لَـكُمْ سَرابِيلَ تَقِيكُمُ الحَرَّ وسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ ، كَـذلِكَ يُتِـمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْـكُمْ لَعَلَّـكُمْ تُسْلِمونَ) (٨١) ★

خودای تەعالا دروستی كردوە بۆ ئێوەو بۆی قەرار داون لەو شتانە كە دروستی كردوون وەكو داری باخو لاری كێوی شاخو خانووی بەرزی پەرداخو سێبەرو سایەو ئارامگاو ••• بۆ ئێوە ، وە لە كێوەكانا چەن شوێنی پەناگاو داپۆشەری بـۆ كردوون بـۆ خـــۆتانو ماڵیاتتان ، بـۆ كاتی وەیشوومەی هــەوا یا رۆژی جەنگو داوا ، وە بۆی كردوونو حـاڵی كردوون بو دروستكردنی چەن پۆشاكێ ئەیكەنە بەرتان كە ئەتانپارێزێ لە گەرما لە هاویناو ئەتانپارێزێ لە سەرما لە زستاندا ، وە چەن پۆشاكێ لە زرێ ئەتانپارێزێ لە ناهەمواری شیرو تیری دوژمنەكان هەتا بمێننەوە بـە داراییو دادگەریو ئازادیو بەرگری • ئا بەم جۆرە كە باسمان كرد نیعسەتەكانی تەواو ئەكا لەسەرتان بەڵكو بیری بكەنەوەو ئیتاعەی خودا بكەنو فەرمانەكانی بەجێ بێنن •

★ (فإنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّما عَلَيْكَ البَلاغُ المُبِينُ) (٨٢) ★

جا ئەگەر پاش ئەم هەموو ئایەتە بەرێزانەو بەیانی ئەم نیعمەتە بـە نرخانە هەر پشتیان هەڵكرد لە فەرمانی حەقو ئیمانیان نەهێنا ئەوە تـۆ

ئیتر حەقت نەبێ ، تۆ هەر گەیاندنی ئایاتی خودات لەسەرە بە رووناکی وا گەیاندت ، ئیتر وازیان لێ بێنە بۆ خۆم •

★ (يَعْـرِفُونَ نِعْمَـةَ اللهِ ثُمَّ يُنْكِرُونَهَـا وأكْثَرُهُـمُ الكافِرُونَ) (٨٣) ★

ئەم نامەردانە خۆیان ئەگەر بیاندوێنی یەکە یەکە نیعمەتەکانی خودا ئەناسنو ئەزانن کەچی پاش ئەوە لەبەر لاریو نالباری خۆیـان ئینکاریان ئەکەن ، یا ئەڵێن نیە ، یا ئەڵێن خۆمان بە زۆری بازوو کردوومانە ، وە زۆربەی ئەوانە کافرنو بێ باوەڕن بە خودای تەعالا •

★ (ويَوْمَ نَبْعَثُ مِنْ كُلِّ اُمَّةٍ شَهِيداً ، ثُمَّ لا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ، ولاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ) (٨٤) ★

باسی ئـەو رۆژە بکە کە زیندوئەکەینەوەو رائەپەڕێنین بۆ ئاگاداری لـە هەر ئوممەتێك کەسێ کە ئاگادار بوە لەسەر بیرو باوەڕو کردەوەی ئەو ئوممەتە وەکو پێغەمەرەکەیان بێ ، وە کاتێ کە باسی حاڵی نارەوای ئوممەتەکەی کرد ئیزن نادرێ بەوانەیان کافر بوون بۆ قسەکردنو بیانوو هێنانەوە ، یەکەم لەبەر شایەتی پێغەمەرەکان ، دوەم لەبەر شایەتی ئەعزای خـۆیان ، وە داوای رەزامەندیشیان لێ ناکرێ ، چونکی ئـەو کافرانـە قەدریان نیە تا داوای رەزامەندییان لێ بکرێو ،وە لەوانەیە ئەم جوملـە بۆ تەحقیریان بێ •

★ (وإذا رَأى الَّذِينَ ظَلَمُوا العَذَابَ فلا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ ولاَ هُمْ يُنْظَرُونَ) (٨٥) ★

وە کاتێ ئەو کەسانە کە ستەمیان لە خۆیان کردوە بە کوفرو هاوڕێ

دانان بۆ خودا دۆزەخیان چاو پێکەوت ـ واتە دەستکرا بە سزادانیان ـ ئیتر ئەو سزا کە بۆیان بڕیار دراوە سووك ناکرێو بە هیچ جۆرێ مۆڵەت نادرێن کە لە چەن کاتێکدا ئاسایش بکەن •

★ (وإذا رأى الذينَ أشرَكوا شُرَكاءَهُمْ قالُوا : رَبَّنا هؤُلاءِ شُرَكاؤُنا الذينَ كُنَّا نَدْعو مِنْ دونِكَ فألْقَوْا إليْهِمُ القَوْلَ : إنَّكُمْ لَكاذِبونَ) (٨٦) ★

وە کاتێ لە قیامەتا کافرە موشریکەکان ئەو بتانەیان دی کە دایانناون بە شەریك بۆ خودا بانگ ئەکەن ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە ئا ئەوانە ئەو شەریکانەن کە ئێمە گومڕا بووبووینو بانگمان ئەکردنو لە تۆ لامان ئەدا . وە لەو کاتەدا خودا بتەکان دێنێتە جوابو ئەو قسەیانە رەد ئەکەنەوەو بەرپەرچی ئەدەنەوەو ئەڵێن : ئێـــوە درۆزننو عیبادەتی ئێمەتان نەکردوەو عیبادەتی هەواو ئارەزووی پووچی بەتاڵی خۆتاتان ئەکرد ، ئەگەرنا ئێمە کە بەردو دار بووین چلۆن قابیلی ئەوە بووین کە عیبادەتمان بکرێ ؟

★ (وأَلْقَوْا إلى اللهِ يَوْمَئِذٍ السَّلَمَ وضَلَّ عَنْهُمْ ما كانُوا يَفْتَرونَ) (٨٧) ★

وە ئەو کافرە ستەمکارانە لەو رۆژەدا ملی خۆیان رائەکێشن بۆ خودای تەعالاو هەرچی قسەیان هەڵئەبەست زایەو بێ مایە ئەبێ •

★ (الذينَ كَفَروا وصَدّوا عَنْ سَبيلِ اللهِ زِدْناهُمْ عَذاباً فَوْقَ العَذابِ بِما كانُوا يُفْسِدونَ) (٨٨) ★

ئەو کەسانە کە خۆیان کافر بوونو خەڵکیشیان مەنع ئەکرد لە

ڕێگەی ڕەزای خودا کە ئیسلامیەتە سزای ئەم کردەوە نابارە ناهەموارەیان بۆ زیاد ئەکەین لەسەر سزای کوفرەکەیان بە هۆی ئەو بەدکاریەوە کە ئەیانکرد •

★ (وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيداً عَلَيْهِم مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيداً عَلى هؤُلاءِ ، وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الكِتَابَ تِبْيَاناً لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدىً وَرَحْمَةً وَبُشْرى لِلْمُسْلِمِينَ) (٨٩) ★

باسی ئەو ڕۆژە بکە ـ ئەی خۆشەویست ـ کە ڕۆژی حەشرە کە لە هەموو ئوممەتێکدا یەك نەفەر شاهید ڕائەپەڕێنم لە نەفسی خۆیانا کە ئاگادار بوە لەسەر ئەحوالیان ، واتە پێغەمەرەکەیان ئەکەم بە شاهید لەسەر بیرو باوەڕو کردەوەیان ، وە تۆیش هەڵئەستێنم بە شایەت لەسەر هەموو ئەو ڕەهبەرانە، یا لەسەر ئەوانە کە تۆ ڕەوانەکراوی بۆ سەریان وەکو ئوممەتەکەت بێ• وە بە پلە پلە کتێبی بە حورمەتی خۆمان کە قورئانە ناردە خوارەوە بۆ سەر تۆ کە حاڵی وەهایە ڕووناککەرەوەیە بۆ هەموو بیرو باوەڕێ‌و بۆ هەموو حوکمێ لە ئەحکامی ڕەفتارو کارو کردەوەو بۆ هەموو خوو ڕەوشتێکی بەرز یا بە ناوبردنیان لەم کتێبەدا بە کورتی یا بـە درێژی . وە یـا بـە حەواڵەکردنی بۆ سەر فەرموودەو کردەوەی تۆ لـە بەیـانا ، وە یا بـە حەواڵەکردن بۆ ئیجماعی ئوممەتی ئیسلام ، یا بـۆ ڕەهنموونی زانایانی دین •

وە حاڵی ئەم کتێبە وەهایە ڕەهنموونو مایەی ڕەحمەتە بۆ هەموو کەسێ پەیڕەوی بکەن یا نەکەن ؛ چونکی چرا هەڵگیرسا وە یا هەتاو کە هەڵهات دنیـا ڕووناك ئەکاتەوە ، ئیتر هـەرکەس خۆی بشارێتەوە خۆی خۆی نائومێد ئـەکات ، وە موژدەیە بـە پیرۆزی هـەردوو جیهـان بۆ موسوڵمانەکان •

★ (إنَّ اللهَ يَأْمُرُ بِالعَدْلِ والإحْسانِ وإيتاءِ ذِي القُرْبى ويَنْهى عَنِ الفَحْشاءِ والمُنْكَرِ والبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرونَ) (٩٠) ★

کاتێ کە خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا باسی ئەوەی کرد کـە ئەم قورئانە بەیانە بۆ هەموو شتێ لە پاش ئەوەوە ئایەتێکی نازڵ کرد کە لە هەموو ئایـەتێ جامیعترو داگیرترە بۆ بیرو باوەڕو کردەوەی چـاكو خراپی ئادەمیزادو رەوشتی ئەوان •• خودا لەم ئایەتەدا فەرموویەتی : خودا فەرمان ئەدا بە میانەکاری لە هەموو شتێکدا وە بە چاکەکردن بۆ طاعەت وە بە بەشدانی ئەوانە کە خاوەن پەیوەندی خزمایەتین ، وە نەهیو مەنعتان ئەکا لە کاری فاحیشەی پەیدابوو لە هێزی ئارەزووڕانی وەکـو زیناکردن ؛ وە لە مونکەر ؛ ئەو کارانە کە نابارو ناهەموارنو لە کاتی قارو قینا لە دەستی ئینسان دەرئەچن ، وە لە (بغی)و دەستدرێژی بۆ سـەر حوقووقی شەرەفوماڵو شانی خەڵك ، خودا ئامۆژگاریتان ئـەکا بـە هیوای ئەوە بیر بکەنەوە لە پاشەڕۆژی خۆتاناو بیرو باوەڕو کردەوەی خۆتان باش بکەن •

جا بزانن ! لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەمر بە سێ شت کراوەو نەهی لـە سێ شت کراوە ، وە ئەو شتانە کـە خودا ئەمری پێ کردوون یەکەمیان (عدل)ە یانی میانەکاری لە هەموو شتێکدا نە (افراط)و زیادەڕەوی ، وە نـە (تەفریط) کەمکردنەوەی شـت ، خواە بۆ بیرو باوەڕ وە یا بۆ کـردوە : وە عـەدل لـە هـەموویانا واجبـە ریعـایەت بکـرێ • مەثەلا فەرموویانە : عەدل لە بیرو باوەڕا بریتیە لە تەوحیدی خودا بە (لا اله الا الله)وە ئەم تەوحیدە میانەیە ؛ چونکی لای ئینکاری خوداوەند ـ پەنا

بـه خودا ـ تەعطیلەو موخالەفـەی بەداهـەتەو دانانی عـالەمە بـە بێ هەمووی شەرمەساریە بەرابەر بە دەلیلی عەقلیو نەقلی ، وە نیسبەتدانی پەروەردگار • وە لای زۆرکردنی خودایش عیبارەتە لە بتپەرستیو کەوتنە شوێنی رۆژپەرستیو گاپەرستیو ئاگرپەرستی ••• وە حاصلی ئەمانە ئاثاری نەبڕاوەی کائینات بۆ لای ئـەم هـەموە مەعبـوودە دروستکراوە بێ‌نرخانە کوفرو ئیشراکی مەذمومە ، کە وابێ ئیمان بەو خودایە کـە تاقو تەنیایە ئەبێ بە عەدلو رەوایە •

بە جۆرێکی تر ئەڵێین : قەول بەوە کە خودا نیە گومڕاهیو نەزانیە ، وە قەول بەوە بڵێین خودا هەیە بەڵام جیسمەو جیسمانیە ئەمەیش بۆ خودای عالەم مایـەی نوقسانیە ، بەڵام بڵێین خـودا زاتێکە مەوجوودو (واجب الوجود)و بێ وێنە ئەمە ئەبێ بە عەدلو رەوایە •

وە لـە باسی بەندەکانی خـودادا بڵێین : بەندەکانی خـودا هیـچ پەیوەندییان بە کردەوەی خۆیانەوە نیە ئەوە ئەبێ بە (جەبر)و موخالیفی بەداهەتی عەقڵە ، وە ئەگەر بیشڵێین : بەندەکانی خودا خالیقی ئەفعـالی خۆیانن ئەمەیش بە ئاشکرا درۆیە ؛ چونکی ئینسان ئەگەر خۆی کردەوەی خۆی دروست بکردایە وای ئەکرد کە لە هەموو کردەوەی هەموو کەسێ جواتر بوایێ ، بەڵام قەول بەوە کە بەندە پەیوەندی بە کردەوەی خۆیەوە هەیە بە ئیعتیباری کەسبو ئیختیاری جوزئی ئەمە ئەبێ بە عەدلو راستە •

وە لە باسی تاوانەوە بڵێین خودای تەعالا بەندەی خۆی موئاخەذە ناکا لە سەر تاوانباری ئەمە مەعنای جەسارەتە لەسەر نیظامی حەق . وە قەولیش بکەین بەوە کە بە تاقـە گوناحێ بەندەکەی ئەسووتێنێ هـەتا هەتایە ئەمەیش دوورە لە راستیەوە ، وە ئەمە کە بڵێین ئەگەر خودا بەندەی

تاوانبار عەفو بکا ئەیکا وە ئەگەر سزای بدا ئەیدا ئەوە بە قەی ئەو تاوانە سزای ئـەدا جـا ئەیخاتە بەهەشتەوە ئـەمە عەدلـەو راستو دروستو میانـەیە .

وە لـە بابەتی ئەصڵی دینـە پێشووەکانەوە بارقورسکردن لـە دینی حەزرەتی موسـادا زۆر بوەو ، تەساهول لـە دینی حەزرەتی عیسادا زۆر بوە . بەڵام دینی ئیسلام نە وەك یەکەم تەشدیدی تێدایەو ، نە وەك دودم تەخفیفی تێدایە ، کە وابێ دینی ئیسلام رەفتاری (عەدل)ە .

وە دودم لەوانە خودا ئەمری پێکردوە (ئیحسانە) کە زیادەیە لـە عەدالەتکاری ، وە زیاد لـە عەدالەت لـە بابەتی قیصاصدا عیبارەتە لـە عەفوکردنی تاوانبار ، وە لە بابەتی طاعەتا عیبارەتە لـە کردنی مەندووبات وەکـو نوێژی سونەتو رۆژووی سونەتو صەدەقە کردن لـە پاش دەرکردنی زەکاتو زیادە دەسگرۆیی فەقیرو گەدا ... وە ئەمانە هەموو لە صیفاتی جوانو پەسەندن ، حەتا لە بابەتی موراقەبەی خودای تەعالاوە ئەگاتە ئەو پایە کە وەها بەندەیی بکا وەك ئەوە چاوی وا لە خوداوە ، وە ئەگەر ئـەم چاوی لـە خوداوە نەبێ خودا چاوی لـە بەندەکەوەیە ؛ وە ریعایەتی ئەم حاڵەتە ئەبێ بە هۆی ئەوە کە ئینسان هەر عیبادەتێ ئەکا بە ئیخلاصوساغی جێبەجێی بکا .

وە سێهەم لەوانە کە خودا لەم ئایەتەدا ئەمری پێکردوە (ایتاء ذي القربی)یە واتە چاکەکردن لەگەڵ خزمو خوێشا ، وە لە واقیعا ئینسان لە عالەما وەکو دارێکی سەوز وەهایەو دار مەقصوودە بۆ بـەر ، وە یا بۆ سێبەر ، وە یا بۆ ئەوە کە لقەکانی بەکار بهێنرێن ، وە یاخود هەموو دارەکە ببڕرێتو بەکـار بێت بۆ خێرێ وەکـو بینای خانوویەك ، یا پردێ ، یا تەختەیەك .

دەی صەرفکردنی ئینسان بۆ رۆحی خۆی لە جیهادا نموونەیە بۆ بڕینی دارەکە بۆ بینایەکی بەسوود ، وە ئەگەر خۆی مایـەوە خێرەکەی بڕینیە لـە گەیاندنی سوود بە خەڵك وە لـە هەموو خەڵکی دنیادا خزمو خوێش موناسبترن بۆ ئەوە کە موساعەدەیان بکەی بۆیە خودای تەعالا ئەمری کرد بە بەشی سێهەم لەم ئایەتەدا •

وە ئەو شتانەیش لەم ئایەتەدا خودای تەعالا نەهی لێ کردوون سێ شـتن :

یەکەم لەوانە (فەحشا)یە •

بزانن ! چوار هێز هەیە لە وجوودی ئینسانا :

١ ـ هێزی (عقلیەی ملکیە) : کە هەمووی هەر خێرەو عیبارەتە لە ئەدەبو عیصمەتو رەوشتی باش بەجێهێنان •

٢ ـ هێزی شەهوەتی حەیوانی : کە ئارەزووی ئینسانە بۆ ئەنواعی شت لە چاكو خراپ •

٣ ـ هێزی توورەیی‌و قاری دڕندەیی : کە ئەمە زیانی زۆرە •

٤ ـ هێزی وەهمیەی شەیطانیە •

جا لـە هێزی شەهوەتەوە کـە بەرەڵا کرا کردەوەی ناشیرین پەیدا ئەبێ . وەکو زیناکردنو دەسبردن بۆ نامووسی خەڵکی کە ئەبێ بە هۆی گەلێ ئاشووبو فیتنەو کوشتارو ناساغی لەش ، ئەمە خودا ناوی بردوە بـە (فحشاء) ، وە خودا فـەرموویەتی : (ولا تقربوا الزنا انـه کان فاحشة •••)

وه له هێزی تووڕه‌یی‌و قاره‌وه په‌یدا ئه‌بێ هه‌رچی زیانگه‌یاندنه به خه‌ڵکی به جۆرێ که عاله‌م ئینکاری ئه‌کا ، وه‌کو کوشتن‌و بڕین‌و داروه‌شاندن‌و جنێودان ، وه ئه‌م ئاثارانه خودا گردی‌کردوونه‌ته‌وه‌و ناوی بردوون به (منکر) ٠

وه له هێزی وه‌همیه‌ی شه‌یطانیه‌وه ئه‌وه په‌یدا ئه‌بێ که ئینسان دائیما هه‌وڵ ئه‌دا بۆ ئه‌وه به‌رز ببێته‌وه به‌سه‌ر باقی ئاده‌میزادا ، وه خۆی بکا به گه‌وره‌و فه‌رماندار وه ئه‌گه‌ر که‌سێ موخاله‌فه‌ی کرد سته‌می لێ بکاو ماڵی تالآن بکاو موڵکی دابگرێ ٠ ئه‌مانه‌یش ناوبراون به (بغی) واته ته‌جاوزکردن به‌سه‌ر خه‌ڵکدا ٠

جا کاتێ ئاده‌میزادی موسوڵمان موه‌فه‌ق بو له‌سه‌ر به‌جێهێنانی عه‌دل‌و ئیحسان‌و خزمه‌تکردنی خزم‌و خوێشان وه له‌سه‌ر ته‌رکی به‌کارهێنانی هێزی ئاره‌زوو له کاری فاحیشه‌دا ، وه هێزی قاری حه‌یوانی له ئازاردانی خه‌ڵکدا ، وه هێزی وه‌همیه له خۆبه‌رزکردنه‌وه به‌سه‌ر باقی ئاده‌میزادا ئه‌وه به راستی موسوڵمانه ٠

جا خودا فه‌رموویه‌تی : خودا ئامۆژگاریتان ئه‌کا به هیوای ئه‌وه که بیر بکه‌نه‌وه له ئه‌نجامی خۆتانا ٠

★ (وأوْفُوا بِعَهْدِ اللهِ إذا عاهَدْتُمْ ، ولاَ تَنْقُضُوا الاَيْمانَ بَعْدَ تَوْكِيدِها ؛ وقَدْ جَعَلْتُمُ اللهَ علَيْكُمْ كَفِيلاً ، إنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما تَفْعَلونَ) (٩١) ★

پاش ئه‌وه که له ئایه‌تی پێشوودا خودای ته‌عالا به کورتی هه‌موو مه‌ئمووڕات‌و مه‌نهیاتی به‌یان کرد ٠٠ هات به‌م ئایه‌ته باسی بازێ له‌وانه‌ی

کرد بە درێژیو فەرمووی : ئەی موسوڵمانەکان هەر عەهدێ کە ئێوە بە ئارەزووی خۆتان کردتانو بڕیارتان دا لە زیمەی خۆتانا خواه بە لەفزی عەهد بێ ، یاخود ، واجبم کرد ، فەرزم کرد ، نەزرم کرد لەسەر خۆم فلانە شت بکەم ، یاخود فلانە شت ناکەم .. مادام ئەو عەهدە لەسەر یاسای دین بێو لە دینی ئیسلامدا دروست بێ .. وەفای پێ بکەنو بەجێی بێنن ، وە ئەیمانو پەیمانی خۆتان بەتاڵ مەکەنەوە پاش ئەوە کە داتانمەزران وە بە زمانی خۆتان خودای تەعالاتان کرد بە کەفیل لەسەر خۆتان بۆ بەجێهێنانی ئەو شتە کە عەهدتان کردوە بیکەن ، خودای تەعالا بە راستی زانایە ئەزانێ ئەوەی ئێوە ئەیکەن لە عەهدو پەیمانەکانتان وە لە بەجێهێنانیان وە لە غەیری ئەوانەیش ، وە مەعنای ئەوە کە خوداتان کردوە بە کەفیل ئەمەیە کە ئینسان لە کاتی پەیمانەکەدا ئەڵێ (لله علی العمل الفلاني) یاخود ئەڵێ عەهدی موسوڵمان بێ لەگەڵ خودادا ئەو شتە بکەم یاخود وێنەی ئەم لەفزانە کە بۆ ئەستوورکردنی پەیمانەکە بە دەمیا دێت .

★ (وَلا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنْكَاثاً) ★

وە بە وێنەی ئەو ژنە مەبن کە ڕێسمانی خۆی ئەڕێسا بە پوختەیی وە لە پاش ئەوە کە بای ئەدان بەیەکا ئەو بادراویە هەڵئەوەشاندەوەو خاوی ئەکردەوە بێ سوودو بێ فائیدە تاڵ بەتاڵ .

★ (تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ) ★

حاڵتان وابێ ئەو پەیمانانەی بەستووتانە بیکەن بە پەیمانێکی عەیبدارو بێ بایەخ ، وە لادەن لەو پەیمانە بۆ پەیمان لەگەڵ قەومێکی ترا لەبەر

ئه‌وه که ئه‌و ئوممه‌ته که رووی لیَ ئه‌که‌ن به‌رزترو به‌هیَزتر بیَ له ئوممه‌ته پیَشوه‌که •

★ (إنَّما يَبْلوكُمُ اللهُ بِهِ) ★

بزانن ! بـه راستی خودا به‌راوردتان ئه‌کا بـه‌م وه‌زعه که قه‌ومیَکی به‌رزتر بیَن داوای په‌یمان له ئیَوه بکه‌ن ، ئایا ئیَوه راسالّو پیاونو له‌سه‌ر په‌یمانی خوَتان ده‌وام ئه‌کـه‌ن ؛ وه یاخود ناپیاونو ئیمانتان ناته‌واوه بوَ ترسیَ یا ته‌ماعیَ په‌یسانه پیَشوه‌که‌تان تیَك‌ئه‌ده‌ن •

★ (ولَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ما كُنْتُمْ فيهِ تَخْتَلِفونَ) (٩٢) ★

وه به راستی خودا له روَژی قیامه‌تا بوَتان ده‌رئه‌خا ئه‌و توَلّه‌یه که بوَتان دیَت له‌سه‌ر په‌یمانشکاندن‌وئیسته ئیختیلافتان هه‌یه تیایاو بازیَکتان ئه‌لّیَن : په‌یمانشکاندن زیانی نیه ؛ چونکی ئینسان ئه‌بیَ له‌سه‌ر مه‌صله‌حه‌تی ژیان بڕوا . وه بازیَکتان ئه‌لّیَن : په‌یمانشکاندن گوناحه‌و ئه‌بیَ به هوَی نیفاق‌و بیَ‌ئیمانی ئینسان •

بزانن ! ئه‌و ژنه کـه لـه ئایه‌ته‌که‌دا هه‌یه بازیَ فه‌رموویانه : مه‌به‌س ژنیَکی نادیاریه که حالّی وه‌هابیَ وه‌کو لـه ئایه‌ته‌که‌دا باس کراوه • وه بازیَ فه‌رموویانه : ئه‌و ژنه (ريطه)ی کچی (سعد)ی کوڕی (تيم)ی قوره‌یشی بوه ؛ کـه وه‌سواس‌و بیَ عه‌زم بوه‌و ئه‌وه پیشه‌ی بوه له‌گه‌لّ ده‌سڕیَسی خوَیدا •

به هه‌رحالّ ئه‌م ئایه‌ته باسی به‌ندیَ ئه‌کا له به‌نده‌کانی ئه‌خلاقی به‌رزی پیاوانه ؛ که بریتیه له‌وه کاتیَ ئینسان په‌یمانیَکی حه‌لاّلی به‌ست پیَویسته

لەسەر ئەو پەیمانە دەوام بکا . وە ئینسانی بێ پەیمان وەکو ئینسانی بێ ئیمان وایە • ئیتر ئەو عەهدە موبایەعە بێ لەگەڵ حەزرەتا ـ دـ وە یا لەگەڵ سەردارانی ئیسلاما . وە یا لەگەڵ زانایانی پاکی پاك نیهادا . وە یا پەیمانی شەراکەتو کەسابەت بێ لەناو موسوڵمانانا ، وە یا پەیمانی برایەتی بێ لە ناو خۆتانا •

★ (ولَوْ شاءَ اللهُ لَجَعَلَكُمْ اُمَّةً واحِدَةً ، ولكِنْ يُضِلُّ مَنْ يَشاءُ ويَهْدِي مَنْ يَشاءُ ، ولَتُسْئَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَعْمَلونَ) (٩٣) ★

وە ئەگەر خودا خواستی لەسەر ببوایە هەموو ئێوەی ئەکرد بە یەك گەلی خاوەن ئیمانی خاوەن پەیمانی راستی دروستکار ، بەڵام ئەگەر خودا بە زۆر ئادەمیزاد وا هەڵسووڕێنێ ئیتر نرخی تەکلیفو بەندەیی نامێنێ • (بناء علیه) خودا تەماشای کەسبو عەزمی خۆتان ئەکا ، وە ئەو کەسانە گومڕا ئەکا کە ئیرادەی گومڕاکردنی ببێ لەسەر **نامەردیو بەدکەسبیو** بەدئیختیاری ، وە هیدایەتی ئەوانەیش ئەدا کە ئارەزووی وا بێ هیدایەتیان بدا لەبەر هێزی عەقڵو عەزمو وردبوونەوەی لە جیهانا وە کەسبو ئیختیاری جوانو موناسبی ئەو کەسە ، وە بە راستی ئەوانە کە بەدئیختیارنو بەدکارن لە ئێوەدا خودا پرسیارتان لێ ئەکا لە هەر کارێ بیکەنو کردووتانە •

★ (ولا تَتَّخِذُوا أيْمانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِها وتَذُوقوا السُّوءَ بِما صَدَدْتُمْ عَنْ سَبِيلِ اللهِ ولَكُمْ عَذابٌ عَظِيمٌ) (٩٤) ★

دووبارە بۆ تەئکید لەسەر ریعایەتی پەیمان ئەفەرموێت : ئەو پەیمانانە کە بەستووتانە مەیانکەن بە پەیمانی سووکی عەیبدار لە ناو

خۆتانا هەتا پێتان هەڵخلیسکێو لە ڕێگەی ڕاستی دینی ئیسلام هەڵدێرێن بۆ ناو دۆزەخ پاش ئەوە کە پێتان دامەزرا لە ئیسلاما . وە تۆڵەی تاڵی قیامەت بچەژن بە هۆی ئەوەوە کە خۆتان مەنع‌کرد لە مانەوە لەسەر پەیمانی ئیسلامیەت ؛ وە یاخود بە هۆی ئەوەوە کە خەڵکتان مەنع کرد لە ڕێگەی پەیمانداریو وەفا ؛ چونکی ئینسانێ کە دیار بێو پەیمانێ بشکێنێ خەڵکیش چاوی لێ ئەکەنو ئەوانیش فێری پەیمان شکاندن ئەبن . وە لەو کاتەدا کە پێتان ترازاو کەوتنە ناو دۆزەخ ئەوە سزایەکی گەورەتان ئەبێ •

★ (ولا تَشْتَرُوا بِعَهْدِ اللهِ ثَمَناً قَلِيلاً . إنَّما عِنْدَ اللهِ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ إنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ) (٩٥) ★

وە ئەو پەیمانی ئیمان بەخوداو بە پێغەمەری خودا مەگۆڕن کە بەستووتانە بە هۆی بەیعەتکردن بە پێغەمەر ـدـ بە قیمەتێکی کەم لە ماڵی دنیا کە موشریکەکانی قورەیش وەعدەتان پێ‌ئەدەن . ئەوەی کە لە لای خودایە لە جەزای قیامەتو چوونە بەهەشتی پڕ لە نیعمەت وە گەیشتن بە لیقای زاتی خودا هەر ئەوە باشە بۆ ئێوە ؛ چونکی ئەگەر بزانن ئەوە نیعمەتێکی پایەدارە •

★ (ما عِنْدَكُمْ يَنْفَدُ ومَا عِنْدَ اللهِ باقٍ ؛ ولَنَجْزِيَنَّ الَّذينَ صَبَرُوا أجْرَهُمْ بِأحْسَنِ ما كانُوا يَعْمَلُونَ) (٩٦) ★

ئەوەی هەیە لە لای ئێوە لە پایەو مایەو لە نانو شانو ؛ لە ئەولادو ژنان هەمووی تەواو ئەبێ ؛ وە ئەوەی لە لای خودایە لە جەزای خێرو دەرەجاتی ئێوە لە قیامەتا ئەمێنێتەوە ، وە بە ڕاستی ئێمە جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە صەبر ئەکەنو خۆیان ئەگرن لەسەر سزای دنیاو ناهەمواری

قورەیش ، وە یا لەسەر هەر ئازارو بێزارێ کە لەسەر دینی ئیسلام بێت بەسەریانا لـە موقابیلی باشترین کردەوەیەکەوە کە ئەیکەن ، واتە ئەگەر رۆژی صەد کاری خێر بکەن کامیان لە لای خودا باشترە هەموو ئـەو کردەوەکانی تریان لەسەر میزانی ئەو کارە زۆر باشە جەزای بۆ دائەنێین •

★ (مَنْ عَمِلَ صالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أوْ اُنْثى ، وهُوَ مُؤْمِنٌ ، فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَياةً طَيِّبَةً ولَنَجْزِيَنَّهُمْ أجْرَهُمْ بِأحْسَنِ ما كانُوا يَعْمَلُونَ) (٩٧) ★

هەرکەسێ کردەوەی باش بکا پیاو یا ژن ، بـە مەرجی ئەوە کـە خاوەن ئیمان بێ ، بە راستی ئەوە ئەیژێنین **بە ژیانێکی پیرۆزی موناسب لە دنیادا** هـەتا ئەگەر گـەدا بێ یا بەرە بەلا بێ بـە جۆرێ دڵی نوورانی ئەکەین و صەبری پێ ئەدەین بە خۆشی رائەبوێرێ و ، لە قەبریشا لە پاش مردن و لەو قەبرەدا بە نیعمەت و رەحمەتی خۆمان ئەیهێڵینەوەو لە قیامەتیشا کە رۆژی جەزای ئیمان و کردەوەی چاکـەیە بـە گەورەیی و کەرەمی خودا هـەتا هـەتایە •

وەکو لـە تەفسیرە گرنگەکاندا دەرئەکەوێ ئـەم ئایەتانە هـەموو تەرغیب و تەقویەی موسوڵمان ئەکـەن لەسـەر راگرتنی ئیمان و پەیمان و وەفا بـە وەعدەو وەفا بەو کردەوانە کـە بڕیاری داوە لەسەر خۆی بـە نەفسی ئیمان یاخود بە پەیمان یا بە سوێندخواردن ، وە مانیع نیە لەوەیش کە بە دەلیل بازە سوێندێ جیا بکرێتەوە لەمانە •

★ (فَإِذَا قَرَأْتَ القُرْآنَ فاسْتَعِذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ) (٩٨) ★

هەر کاتێ خواستت بو قورئان بخوێنی لە پێشدا بڵێ (اعوذ بالله من

الشیطان الرجیم) بۆ ئەوە کە شەیتانت لێ دوور بکەوێتەوەو خەیاڵی خراپ یا خودبینی نەخاتە دڵتەوە •

★ (إنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطانٌ على الَّذِينَ آمَنُوا وعلى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلونَ) (٩٩) ★

بە راستی شەیتان هێزی نیە لەسەر گومڕاکردنی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو هەر لەسەر خودای خۆیان تەوەکول‌و ئیعتیماد ئەکەن •

★ (إنَّما سُلْطانُهُ على الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ والَّذِينَ هُمْ بِهِ مُشْرِكونَ) (١٠٠) ★

هێزی شەیتان کە هەیە هەر بەسەر ئەو کەسانەدا هەیە کە شەیتان ئەکەن بە دۆستی خۆیان ، وە ئەو کەسانە کە شەیتان ئەکەن بە شەریکی خودا ، وەکو مەجووسیەکان کە ئیمان دێنن بە یەزدان‌و ئەهریمەن ، وە یا ئەو کەسانە کە بە هۆی پەیڕەوی شەیتانەوە شەریك بۆ خودا بڕیار ئەدەن‌و ئەبن بە بتپەرست •

★ (وإذا بَدَّلْنا آيَةً مَكانَ آيَةٍ ـ واللهُ أعْلَمُ بِما يُنَزِّلُ ـ قالُوا : إنَّما أنْتَ مُفْتَرٍ ! بَلْ أكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلونَ) (١٠١) ★

کاتێ کە ئایەتێ دابنێین لە شوێنی ئایەتێکی تردا ، یانی خوێندنی ئایەتێ لاببەین‌و ئایەتێکی تری لە شوێندا دابنێین ؛ وە یاخود حوکمێ نەسخ بکەینەوەو حوکمی ئایەتێکی تری لە جێگەدا دابنێین ، وەلحاڵ خودای تەعالا لە هەموو کەس زاناترە بەو ئایەتە کە نازلی ئەکاو ئەو عالمە بە مەصلەحەت لە گۆڕینی ئەحکامدا بە پێی رۆژ •• کافرە موشریکەکان

ئەڵێن : تۆ ئەی محەمەد ئینسانێکی درۆ بە دەمی خوداوە هەڵئەبەستیو بە ئارەزووی خۆت ئایەت دێنیو ئایەت لائەبەی ! جا ئەی خۆشەویست تۆ واز لەم ئینسانانە بێنە ، ئەمانە زۆربەیان نەزانن‌و خێری خۆیان نازانن چ جای ئەوە کە فامی سوودی ئەحکامی خودا بکەن •

★ (قُلْ : نَزَّلَهُ رُوحُ القُدُسِ مِنْ رَبِّكَ بِالحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُوا وهُدىً وبُشْرى لِلمُسْلِمِينَ) (١٠٢) ★

تۆ ئـەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەوانـە کـە : ئـەو قورئانە جوبرەئیل کە ناسراوە بە (روح القدس) ، چونکی رۆحێکە خاوەن نوورو پاکە لـە خراپی نەفس‌و مەئمووری خودایە •• لـە (لوح المحفوظ)ەوە دایبەزاندووەو هێناویەتیە خوارەوە لەگەڵ حیکمەت‌و سوودا بۆ ئادەمیزاد ، هەتا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە دایانبمەزرێنێ لەسەر ئیمان ، وە هاتوە بۆ ئەوە ببێ بە هۆی شارەزایی بۆ رێگەی پیرۆزی هەردو دونیا ، وە هاتوە بە موژدەو بەشارەت بۆ موسوڵمانان ، موژدەیان پێ ئەدا کە رزگاربوون لە سزای خوداو ئەگەن بە پاداش •

★ (ولَقَدْ نَعْلَمُ أنَّهُمْ يَقُولُونَ : إنَّما يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ) ★

ئێمە ئەزانین ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەم قورئانە کە محەمەد ئەیخوێنێتەوە ئادەمیزادێ لە مەکەدا فێری ئەکا ، وە کەلامی خودا نیە ، بەلاّم ئەم کافرانە نافامن ئیعتیرازیش بگرن بۆیە قسەی وا ناماقووڵ ئەکەن ، ئەنا ئەو کەسە بۆ ئەوە ناشێ تۆ فێر بکا •

★ (لِسانُ الَّذي يُلْحِدونَ إلَيْهِ أعْجَمِيٌّ وهذا لِسانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ) (١٠٣) ★

زمانی ئەو کەسە کە بـە هۆی ئەوەوە ئەم غەڵەتە ئەکەن‌و نیسبەتی قورئانەکەی تۆ لەو ئەدەن وەکو (جبر)ی رۆمی بێ کە غولامی عامیری کوڕی حەضرەمیە . وە یا (جبر)و (یسار) کە وەستای شمشێر دروستکردن بوون لە مەکەدا زمانی ئەو زمانێکی عەجەمیەو لوغەتەکەی غەیری لوغەتی عەرەبەو ئەگەر قسەی عەرەبیش بکا بە رەوانی‌و سافی نایکا • وە ئـەم قورئانەی کە دێتە خوارەوە بۆ سەر تۆ زمانێکی عەرەبی ساف‌و رەوان‌و موعجیزەیە •

★ (إنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنونَ بِآياتِ اللهِ لا يَهْدِيهِمُ اللهُ ولَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) (١٠٤) ★

ئەو کەسانە کە ئیمان نایەنن بە ئایاتی خودا ئەوە خودا شارەزایان ناکـا بۆ دەرکی حـەق‌و حەقیقەتی غـەیبی‌و بۆ فامکردنی نهێنی ئیعجازی کەلامی خودا لە دنیادا وە لە قیامەتیشا سزایەکی سەختیان هەیە •

★ (إنَّما يَفْتَرِي الكَذِبَ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِآياتِ اللهِ ، واولئِكَ هُمُ الكاذِبُونَ) (١٠٥) ★

نەوەك درۆ هەڵئەبەستێ ئەو کەسانە کە ئیمانیان نیە بە ئایاتی خودای تەعالاو ، ئـەوانە درۆزنی تـەواون • ئیتر درۆکـردن دوورە لـە پایەی رەهبەرانەوە کە سەراسەر دڵیان بە نووری رەحمەت هەڵگیرساوە وە ئەو درۆزنانە قیاسی حاڵی رەهبەران ئەکەن لە حاڵی رێبڕان ، ئەمانە زۆر زۆر لە یەك دوورن •

★ (مَنْ كَفَرَ بِاللهِ مِنْ بَعْدِ إيمانِهِ ـ إلاّ مَنْ اُكْرِهَ وقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌ بِالايمانِ ـ ولكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالكُفْرِ صَدْراً فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللهِ ولَهُمْ عَذابٌ عَظِيمٌ) (١٠٦) ★

وە ئەو کەسانە کە نیسبەتی لە رەهبەر ئەدەن ، واتە ئەو کەسانە کە کوفرو ئینکاری دینی ئیسلام دەرئەبڕن لە پاش ئیمانهێنانیان ئەوانە قاری خودای تەعالا ئەڕژێ بەسەریانا ـ بەڵام کەسێ کە ناچار بکرێ بە زۆر لەسەر کوفرو لەو کاتەدا دڵی دامەزرا بێ بە ئیمانو باوەڕ ؛ چونکی حاڵی ناچاری حاڵی تەصەڕوفی ئیختیاری نیە •• ئەوە تاوانی نیە ـ بەڵێ کەسێ خۆی رووناك کردبێ بە بێ ئیمانیو سینەی بۆ کوفر کردبێتەوە ـ پەنا بە خودا ـ ئەوە ئەوانە دائەبارێ بەسەریاناو لەسەریانە قاری نابارى ناهەموار لە لایەنی خوداوە ، وە بۆ ئەوانە هەیە سزای گەورەی بێئەندازە •

بزانن ! ئەو ئیکراهە کە ئەبێ بە هۆی دروستبوونی وتنی کەلیمەی کوفر ئەوەیە یارۆ سزا بدرێ بە سزایێ کە بە عادەت نەتوانێ خۆی لە بەرا بگرێ ، وەکو ترساندن بە کوشتن یا دەستبڕین یا لێداتێکی توندی وەها خۆی لە بەرا نەگرێ •

وە بزانن ! ئەوەڵ کەسانێ کە دینی ئیسلامیان وەرگرت لە حەزرەتەوە (د) شەش کەس بوون : ئەبوبەکرو ، خەبابو ، صوهەیبو ، بیلالو ، عەممارو ، سومەییەی دایکی عەممار • دیارە ئەوە کە حەزرەت سەرچاوەی ئیسلامیەتەکە بو •• جا کاتێ قورەیش ئاگادار بوون لەم فیکرەو لەم دینەو لەم شەخسانە بە دڵ ئامادەبوون بۆ سزادانیان ، بەلام

ئەبو طالیب بوو بە پــەنا بۆ حەزرەتو ، خزمانی ئەبوبەکریش پەنـای ئەویان دا •

بەلاَم ئەو دوایان پەنادەرێکی دیاریان نەبو ، وە کافرەکان ئازاریان ئەدان ، بە تایبەتی ئـەبو جەهــل ئەهات جنێوی پێ ئەدانو گاڵتەی پێئەکـردن ، وە ئـەوەنە ناپیـاو بو ســومەییەی دایکی عەممـاری بـە شێوەیەکی ناشیرین کوشت ، وە پەتیان خستە گەردنی بیلالو سزایان دا ، بەلاَم ئەو هەر ئەیوت : (احد ، احد) : خودا یەکێکە یەکێکە •

وە عەممار ئەفەرموێت : هەموومان لە کاتی سزادا شتێك هات بـە زمانمانا کافرەکان دەستبەردارمان بوون بیلال نەبێ ، ئەو هەر خۆی گرت تا وازیان لێ هێنا •

وە بزانن ! ئیکراه چەن پایەی هەیە •

یەکەم : ئەمەیە واجبە کابرای زۆرلێکراو ئـەو کارە بکا ، وەکو کاتێ زۆری لێ بکەن لەسەر خواردنەوەی شەراب بـە کوشتنی خۆی ئەمە واجبە کابرا بیخواتەوە هەتا خۆی لــە کوشتن بپارێزێ ؛ چونکی حورمەتی رۆح بەرزترە لەو پایە •

دووهەم : ئەمەیە کە ئەو فیعلە حەلاڵ بێ نەك واجب ، وەکو ئەوە کابرا ناچار بکەن لەسەر کەلیمەی کوفر بە کوشتنی خۆی ئەمە دروستە ئەو کابرا کوفر بە دەمیا بێ بە مەرجێ لە دڵدا موسوڵمان بێ ، هــەروا دروستە خۆی بدا بە کوشت وە ئەو کەلیمە بە دەمیا نەهێنێ •

سێهەم : کە حەرامە ئینسان گوێ بدا بـەو ناچارکردنە وە ئەگەر کارەکە بکا ئەحکامی شەرعی لەسەر جاری ئەکرێ ، وەکو ئەوە زۆر

بکرێ لە کەسێ بۆ کوشتنی ئینسانێك کە دروست نەبێ بکوژرێ . ئەمە بە هیچ شێوەیێ دروست نیە بیکوژێ هەرچەن نەفسی خۆی لە خەتەرا بێ . بەڵکو ئەگەر بیکوژێ واجبـــە کابرای زۆرکەرو زۆر لێکراویش هەردوکیان بکوژرێن لە تۆڵەی ئەو داماوەدا کە کوژراوە .

وە بزانن ! لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا (خ) زۆرکردن ئەبێ بە مانیع لە کەوتنی تەلاقی زۆرلێکراو ؛ وە لە دروستبوونی بەیعو مامەڵەو عەقدی نیکاحو .. هەر مادەیێ کە پەیوەندی بـە نەفسی کابرای زۆرلێکراوەوە بێ ئەمانە هیچیان دانامەزرێن .

★ (ذلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الحياةَ الدُّنْيا عَلى الآخِرَةِ وأنَّ اللهَ لا يَهْدِي القَوْمَ الكافِرِينَ) (١٠٧) ★

چونکی ئەو کۆمەڵە کە لە پاش ئیمان کافر ئەبنـەوە ژیانی دنیایان ئیختیار کردوە بەسەر رۆژی قیامەتا وە ئەوانە کافرن وە خودا هیدایەتی کافران نادا جا ئەو سزا گەورەیانە ئەدا .

★ (اولئِكَ الَّذينَ طَبَعَ اللهُ عَلى قُلوبِهِمْ وسَمْعِهِمْ وأبْصارِهِمْ واولئِكَ هُمُ الغافِلونَ) (١٠٨) ★

وە ئەو گەلە کە لە پاش ئیمان وەرگەڕاونەتەوە خودا مۆری ناوە بە دڵو چاوو گوێیاناو راستی دەرك ناکەنو بێئاگان لـەوە کە کەلامی خودای تەعالا بە باشی وەربگرن .

★ (لا جَرَمَ أنَّهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الخاسِرونَ) (١٠٩) ★

وە راستەو بێگومان کە ئەوانە لە پاشەڕۆژا زیانکارنو زیانبەندن .

★ (ثُمَّ إنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هاجَرُوا مِنْ بَعْدِ ما فُتِنُوا ثُمَّ جاهَدُوا وصَبَرُوا إنَّ رَبَّكَ مِنْ بَعْدِها لَغَفُورٌ رَحِيمٌ) (١١٠) ★

پاش ئەوە بزانن بە راستی پەروەردگاری تۆ بۆ ئەو موسوڵمانانە کە کۆچیان کرد لە مەکەوە بۆ مەدینەی مونەوەرە پاش ئەوە کە ئازاردران ، وەکو عەمماری کوڕی یاسیر . وە پاش هاتنی مەدینەیش جیهادیان کرد لە رێگەی خوداداو خۆیان گرت لەسەر ئازاری جیهاد .. خودا پاش ئەم هەموو کارەساتانە بە راستی تاوانبەخش‌و میهرەبانە .

★ (يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجادِلُ عَنْ نَفْسِها وتُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ ما عَمِلَتْ وهُمْ لا يُظْلَمُونَ) (١١١) ★

وە میهرەبانییان لەگەڵا ئەکا لەو رۆژە تاریکەدا کە هەموو نەفسێ موجادەلەو هاوار ئەکا بۆ رزگارکردنی خۆی‌و هەموو نەفسێ جەزای ئەو کردەوانەی پێ ئەدرێتەوە کە کردوونی ، وە ئەوانە کەم‌و زۆر ستەمیان لێ ناکرێ .

★ (وضَرَبَ اللهُ مَثَلاً : قَرْيَةً كانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً يَأْتِيها رِزْقُها رَغَداً مِن كُلِّ مَكانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللهِ فَأَذاقَها اللهُ لِباسَ الجُوعِ والخَوْفِ بِما كانُوا يَصْنَعُونَ) (١١٢) ★

خودای تەعالا بۆ ئەوە کە ئامۆژگاری ئادەمیزادی دنیا بکا . وە بە تایبەتی ئەوانە وان لە نزیکی تۆدا بەڵکو بێدار بینەوە دێیەکی کردوە بە نموونە . بە (مشبەبە) بۆ ئەم شوێنە نابارانە کە ئیمان ناهێنن پاش ئەوە

کە مەجالی ئیمانهێنانیان هەبو بە خۆشی جا ئەو (مەثەل)ە هەر (مفروض)و (مقدر) بێ وە یاخود شاری مەکە بێ •

ئەفەرموێت : ئەو دێیە ئەمین بو لـــە تالآنو بڕۆی دوژمنان ، وە دامەزراو بو بە ئیعتیباری ئەو خەڵکە لە ناویا بوونو دۆستی یەك بوون ، وە ئەو دێیە رۆزی خۆی بە رەسایی لە هەموو ولآتێکەوە بۆ ئەهات ، وە ئەگەر فەرمانی خودایان بەجێ بهێنایێو سوپاسی نیعمەتەکانیان بکردایـە هەروا بەو خۆشیە ئەمایەوە ، بەلآم هات کوفری نیعمەتەکانی خودای کرد ، جا خودای تەعالا گیرۆدەی کردنو برسێتیو بێ ژیواریو نائەمینیو ترسی دوژمنانی دیاری برد بە دڵیانا لەبەر ئەو کارە نابارانە کە ئەیانکردن •

★ (ولَقَدْ جاءَهُمْ رسولٌ مِنْهُمْ فَكَذَّبُوه فأَخَذَهُمُ العَذابُ وهُمْ ظالِمونَ) (١١٣) ★

وە بە راستی هات بۆ لای ئەو ئەهلی مەکە پێغەمەرێ لـــە نەژادی خۆیان ئەوانیش باوەڕیان پێ نەکرد جا سزای خودا گرتنی لـە حاڵێکدا ئەوان ستەمکار بوون •

★ (فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللهُ حلالاً طَيِّباً واشْكُروا نِعْمَةَ اللهِ إنْ كُنْتُمْ إيَّاهُ تَعْبُدونَ) (١١٤) ★

وە وتمان بە ئەهلی مەکە بخۆن لەوەی خودا کردوویەتی بە رۆزیتان کە حاڵی وایە حەڵآڵو رەوایە بە دین ، وە خۆشو بەلەزەتە لە کامی دەما ، وە سوپاسی نیعمەتی خودا بکەن ئەگەر ئێوە عیبادەتی ئەو ئەکەن بـە تایبەتی •

لەم دوو ئایەتەدا بەیانی حاڵی ئەهلی مەکە بە رووناکی ئەکا ؛ واتـە شارێکی هێمنو پڕ لە ژیوارو خۆش بـو ، نیعمەتی مەعنەوی پێغەمەری رەهبەرمان بۆ رەوانەکردنو نانو نیعمەتی ولاتم بۆ رژاندن ، وتم : بنۆشنو بپۆشنو سوپاسی خودا بکەن کەچی ئـەوان کوفری هەردوو جـۆرە نیعمەتەکەیان کرد : دوژمنایەتییان کرد لەگەڵ پێغەمەری رەهبەراو لـە ولاتەکەی خۆی تاریان کرد ، وە ئەو نیعمەتانەیش پێیان درابو لە باتی ئەوە سوپاسی خودای تەنیای لەسەر بکەن کردیان بە ناسوپاسیو خودایش بشێوەی خستە ناویان پیاوە گەورەکانی دان بە کوشت ، وە ئەو هاتوچۆی ولاتە بە تیجارەتو ئەو نیعمەتە زۆرەی کرد بە برسێتی حەوت ساڵ وەکو ساڵەکانی زەمانی یوسف (د) ، وە ئەمینیەکەیانی کرد بە ترس لە سوپای پێغەمەر (د) •

★ (إِنَّمـا حَرَّمَ عَلَيْـكُمُ المَيْتَةَ والدَّمَ ولَحْمَ الخِنْزِيرِ وما اُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ ؛ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ باغٍ ولاَ عادٍ ، فَاِنَّ اللهَ غفُورٌ رَحِيمٌ) (١١٥) ★

لە کاتێکدا خودا فەرمانی پێدان بە خواردنی ئەوەی حەلاڵی کردوە بۆیان •• هات حەرامەکانی بۆ ژماردن بۆ ئەوە بزانن کە غەیری ئەوانـە حەلاڵن • واتە ئەوانەو شتێ کە بە شێوەی قیاس وەکو ئەوان بێ حەرامەو لەوانە بەولاوە حەلاڵە •

وە فەرمووی : خـودا حەرامی نەکردوە لەسەرتان مردارەوەبوو نەبێ، خوێنی رژاوو گۆشتی بەرازو گۆشتی ئەو حەیوانانە کە لە کاتی سەربڕینیانا دەنگ بەرزکرابێتەوە بە ناوی غەیری خودای تەنالا ، واتە ناوی بتەکانی لەسەر برابێ • دەی ئەگەر کەسێ ناچار ببێ بۆ خواردنی

ئەوانە کە باسمان کردن ، وە حاڵی وابێ تەجاوز نەکا بەسەر بەشی ناچارێکی ترا بیخوا ، وە زیاد لە ئەندازەی پێویستی خۆیشی نەخوات ، ئەوە خودای تەعالا نیسبەت بەو کەسە تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

پرسیار کراوە : ئینسانی ناچار تاوانی نیـــە دەی چۆن‌و بـــە چی موناسەبەیێ کەلیمەی (غفور) بەکار براوە ؟ جوابەکەی ئەمەیە : راگرتنی حەدی چاری ناچاری زۆر گرانە ، وە ئەو کەسانە بە ئەغلەب زیاد لـە ئەندازەی شەرعی ئەخۆن لەبەر ئەوە موناسبە باسی میهرەبانی‌و تاوانبەخشی خودا لەم جێگەدا بکرێ •

★ (ولا تَقُولوا ، لِما تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الكَذِبَ : هذا حَلالٌ وهذا حَرام ، لِتَفْتَروا عَلى اللهِ الكَذِبَ ، إنَّ الَّذينَ يَفْتَرونَ عَلى اللهِ الكَذِبَ لا يُفْلِحونَ) (١١٦) ★

وە هەر لەبەر قسەکردنی زمانی خۆتان بـــە درۆ بـــە بێ دەلیـل مەڵێن : ئەم شتە حەلاڵەو ئەو شتە حەرامەو نیسبەتیشی بدەن بۆ لای خودا هەتا درۆ هەڵبەستن لەسەر خودای تەعالا ؛ چونکی ئەو کەسانە کە درۆ هەڵئەبەستن بە دەمی خوداوە رزگار نابن لە سزای خودای تەعالا لـــە رۆژی قیامەتا •

★ (مَتاعٌ قَليلٌ ولَهُمْ عَذابٌ أَليمٌ) (١١٧) ★

وە ئەو خۆشیە کە درۆزنەکان وان لە ناویا خۆشیەکی بێ بایـەخ‌و رابواردنێکی کەمە لە دنیادا وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی خاوەن ئازار لە پاشەڕۆژا •

★ (وعَلى الَّذِينَ هادُوا حَرَّمْنا ما قَصَصْنَا علَيْكَ مِنْ قَبْلُ وما ظَلَمْنَاهُمْ ولكِنْ كانُوا أنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) (١١٨) ★

وە حەرامسان کرد لەسەر جوولەکەکان ئەوەی کە بۆم گێڕایتـەوە لەمەوپێش لـە سوورەتی ئەنعامدا کە عیبارەت بو لـە فەرموودەی خودا (وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر ، ومن البقر والغنم حرمنا عليهم شحومهما الا ما حملت ظهورهما (هەتا) لصادقون) وە ئێمە ستەمسان لە جوولەکەکان نەکرد کـە ئـەو شتانەمان لێ حەرام کـردن بەڵکو ئەوان ستەمیان لـە خۆیان کرد کـە دەستیان کرد بـە تاوانکردن هەتا ئێمەیش عوقووبەتمان دا بە حەرامکردنی ئەو شتانە •

★ (ثُمَّ إنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُوا السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تابُوا مِنْ بَعْدِ ذلِكَ وأصْلَحُوا إنَّ رَبَّكَ مِنْ بَعْدِها لَغَفُورٌ رَحِيمٌ) (١١٩) ★

خودای تەعالا بۆ دەربڕینی میهرەبانی خۆی وەکو ئیعلانی عەفوی عام بە مەرجی حەیاو ئەدەب •• ئیعلانی ئەوەی کرد پاش کردنی هـەر جۆرە تاوانبارییەك لـە بیرو باوەڕدا یاخود لە کردەوەو وتارا ، وەکـو ستەمکردنو گومکردنی حەقو دەمبردن بۆ درۆو دەلەسەو نامەردی ••• بە ڕاستی خودای تەعالا بۆ ئەو کەسانە کە خراپە ئەکەن بە هۆی نەفامیو نەزانیو زاڵبوونی ئارەزووی نەفسانی وە یا هێزی قاری حەیوانی وە یا وەهمی شەیتانی ••• مادام لـە پاش ئەوانە تۆبەیان کردو بـە دڵو دەم پەشیمان بوونەوە لـەو تاوانەو میانەی خۆیانو خودایان باش کرد بـە ئیخلاصو ، حەقی خاوەن حەقیان دایەوە یا گەردنی خۆیان پێ ئازاد کردن •• بە ڕاستی خودا پاش هەموو ئەوانە تاوانبەخشو میهرەبانە •

پاش ئەوە کە خودای تەعالا لە سوورەتی (نەحل)دا دین‌و ئایینی کافرە موشریکەکانی بەتاڵ‌کردەوە ، ویستی تەرغیبی ئادەمیزادی زەمان بدا بۆ ئەخلاق‌و ئادابی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل ـ خ ـ لەبەر ئەوە کە سەرداری ئەهلی تەوحید بوەو دوژمنی ئەهلی ئیشراك بوە ... فەرمووی :

★ (إنَّ إبْراهِيمَ كانَ اُمَّةً قانِتاً لِلهِ حَنِيفاً ولَمْ يَكُ مِنَ المُشْرِكِينَ (١٢٠) شاكِراً لِأَنْعُمِهِ اجْتَباهُ وهَداهُ إلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ (١٢١) وآتَيْناهُ فِي الدُّنْيا حَسَنَةً وإنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصّالِحِينَ) (١٢٢) ★

بە راستی ئیبراهیم باپیرە گەورەی ئێوە بە تەنیا ئوممەتێ بو لەبەر ئەوە کە ئەوەندە سیفاتی بەرزو خوو رەوشتی پەسەندی بو کە لە هەموو ئەفرادی ئوممەتێکدا گردنەدەبوونەوە . وە یاخود بە تەنیا خۆی وەکو سوپایێ وا بو لە بەرانبەری سوپای بتپەرستانی جیهانەوە .

وە (قانیت) بو بۆ خودای تەعالا واتە : ملکەچ‌و فەرمانبەرداری بو وە ئامادە بو بۆ بەجێهێنانی ئەوەی خودا ئەمری پێ‌کرد ، تەرکی وڵاتی نیشتمانی عیراقی کردو کۆچی کرد بۆ (حەران)و لەوێوە بۆ فەلەستین لەبەر خودا . وە هاجەری حەرەمی‌و ئیسماعیلی کوڕی بە منداڵی‌و بە بێ کەس‌و داشتیار لە عەرزی مەکەدا دانا هەتا بینای خانووی (كعبة الله)ی کردەوەو ئیسماعیلی راکێشا بۆ سەربڕین لەسەر ئەمرو فەرمانی خودا ، وە دیارە خۆشەویسترینی شت لای ئینسان نیشتمان‌و ژن‌و کوڕی خۆشەویستە ، ئیبراهیم لەبەر خودا دەسبەرداری هەموویان بو .

وە (حەنیف) بو واتە : لای دا لە دینی گومڕاهیو بتپەرستی کە لە هەموو جیهانا لـەو چەرخەدا باو بو بـە لاداتێك لەگـەڵ عەزمی دڵداو دوژمنایەتی ئایینی گومڕاهیدا •

وە لە موشریکەکان نەبو واتە لـە ئەهلی تەوحید بو بە بچووکیو گەورەییو لەبەر ئەمە بو کە هەمیشە تەقریری دەلیلی ئەکرد لەسەر ئیثباتی خودای تەنیا لە بەرابەر (نەمرود)ی بێدادا •

وە شاکیری نیعمەتەکانی خودا بو ، واتە سوپاس گوزار بو ، وە لە جوملەی سوپاسی نیعمەتە کە ئینسان لەو نیعمەتە هەیەتی بەشی خەڵکی لێ بدا •

ریوایەت کراوە : قـەت نانی نەخواردوە بـە تەنیا ، تەنانەت رۆژێ لەبەر بێمیوانی نانی نەخوارد هەتا بازێ فریشتە لە صوورەتی ئادەمیزادا بوون بە میوانی ، ئەویش ئەمری کرد نانیان هێناو پێی فەرموون : بێن نان بخۆن لەگەڵیا ، ئەوانیش عوزریان هێناوە بەوە کە گیرۆدەی دەردی گولی بوون لەبەر ئەوە نایەن لەگەڵیا نان بخۆن ، ئەویش فەرمووی : ئا ئیستە بە تایبەتی واجبە کە نانتان لەگەڵدا بخۆم ؛چونکی ئەگەر خـودا ئێوەی خۆش نەویستایێ گرفتاری نەدەکردن •

وە خودا هەڵیبژاردبو بۆ پایەی پێغەمەرێتی ، واتە کردبووی بـە خۆشەویستی تایبەتی بۆ خۆی بە صیفەتی پێغەمەری خۆشەویست ، وە بە صیفەتی ریسالەت مەطلووبی خودا بوو بۆ رەهبەری ئادەمیزاد •

وە هیدایەتی دابو بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی ؛ ئەیتوانی دەعوەتی خەڵك بکا بۆ لای خـوداو تەرغیبیان بدا لەسـەر دینی حەقو دووریان بخاتەوە لە گومڕاهیو بتپەرستی •

وە لـە دنیادا پایەی حەسەنەی مەعنەوی پێدابو بەوە کە کردی بـە شێخی (موحد)ین‌و بە باوکی ئەنبیاو مورسەلین‌و بە میعماری (کعبة الله) بۆ ئیقامەی دین ، وە محەمەدی عەرەبی لەسەر دۆعای ئەو کرد بە پێغەمەری گشتی‌و (رحمة للعالمين) ، وە پایەی دنیایشی پێدا لە هەر ولاتێکدا بو کردی بە خانەدانی نیعمەت‌و رزق‌و رۆزی‌و ژیواری بۆ نەتەوەی خۆی بە دۆعای خۆی وەرگرت هەتا دنیا دنیایە •

وە لە رۆژی قیامەتیشا لە بەندە چاکەکانی خودایە • دیارە مەعنای سەلاحەت‌و چاکی بـە نیسبەت ئـەگۆڕێ‌و گـەورەی چـاکانی خـودا پێغەمەرانی خودان ، وە ئیبراهیم بـە یـەکێ لەوان دانراوەو ناوی باشی بەجێ‌هێشتوەو خودای تەعالا ناوی کردوە بە هاوناوی پێغەمەر لە کاتی سەلاواتدانا لە سەری بە عیبارەتی (اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم ، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين انك حميـد مجيد) •

★ (ثُمَّ أَوْحَيْنا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْراهِيمَ حَنِيفاً وما كانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) (١٢٣) ★

پاش ئەم باسە بەرزانە وەحیمان نارد بۆ لای تۆ کە تابیعی میللەتی ئیبراهیمی حەنیف بە کە لە ئادابی بتپەرستان لای دا ، وە بە هیچ جۆر لە هیچ کاتێ لە کاتانی ژیانیا لە خاوەن شیرکەکان نەبو نە بە گەنجی‌و نە بە رەسایی‌و نە بە پیری • وە هەرچەند هەرچی پێغەمەرم رەوانەکردوە هەموو لە ئوصوول‌و لە یاسای خودا بە یەکناسیدا یەك میللەت بوون ، وە هەر فەرقێ بووبێ لە ئەحکاما بو ، بە تایبەتی من تۆم کرد بە یەکێ لەوانە ناوی

ئیبراهیم زیندوو بکەیتەوە هەتا ناوی ئەهلی تەوحید لە دنیادا ون نەبێ ، وە وایشم بڕیار داوە کە ناوی تۆیش لە جیهانا بەردەوام بێ هەتایە •

وە مادام خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا ئەمری فەرموو بە حەزرەت کە شوێن تەوحیدو یاسای حەزرەتی ئیبراهیمی باوکی بکەوێو حەزرەت مەعلوومە کە رۆژی جومعەی کردوە بە رۆژی تایبەتی بۆ عیبادەت . لەمەوە دەرکەوت کە رۆژی جومعە لە زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمیشدا هەر رۆژی عیبادەت بوە مەجالی ئەوە هاتەپێشەوە مادام رۆژی جومعە لە زەمانی ئیبراهیمدا دیاریکراوە بۆ عیبادەت بۆچی لە زەمانی حەزرەتی موسادا رۆژی شەمە بڕیار دراوە بۆ عیبادەت ؟ جا خودای تەعالا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە فەرمووی :

★ (إِنَّمَا جُعِلَ السَّبْتُ عَلَى الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ) ★

نەوەکو رۆژی شەمە بڕیار دراوە بۆ عیبادەت لە ماوەی حەفتەدا لەسەر ئیلحاحو پێداگرتنی ئەو کەسانە کە کەوتنە خیلافەوە لەگەڵ موسادا لەسەر خاتری دامەزراندنی رۆژی شەمە ، ئەگەرنا حەزرەتی موسایش وەکو ئیبراهیمی باوکی هەر رۆژی جومعەی دائەنا بۆ عیبادەتکردن . کە وابو بڕیاری رۆژی شەمە لە ئەنجامی کێشەی کۆمەڵێ لە بەنیئیسرائیل هاتەمەیدانەوە • وە خودای تەعالا ئاگاداری ئەو ئیختیلافەیە •

★ (وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) (١٢٤) ★

وە بە راستی پەروەردگاری تۆ حوکم ئەدا لە رۆژی قیامەتا لە بەینی ئەو تاقمە بەنی ئیسرائیلیەدا لەو شتەدا کە ئیختیلافیان تێدا کرد •

ریوایەت کراوە لە ئیبنو عەباسەوە ـخـ حەزرەتی موسا ـدـ رۆژی جومعەی جیاکردەوە بۆ ئوممەتی بەنیئیسرائیل کە عیبادەتی تێدا بکەن بە تایبەتی لە ناو رۆژانی حەفتەدا ، جا بەنیئیسرائیل وتیان : نەخەیر خودا لە رۆژی شەمەدا رزگار بوە لە دروستکردنی ئاسمانو زەوی ، ئێمە ئەو رۆژە ئەکەین بە رۆژی عیبادەت •

جا حەزرەتی موسا پاڕایەوە لە خودای تەعالا ئەویش رۆژی شەمەی بۆ بڕیاردان ، وە لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەر ئەم ئیلحاحە شەمەیان وەرگرت عیبادەتی شەمەیان نەبردە سەر ؛ چونکی نافەرمانی خودایان کرد لەوەدا کە لە رۆژی شەمەدا خەریك بوون بە راوی ماسیەوە وە لەسەر ئەوە خودا قاری لێ گرتن •

وە لە زەمانی حەزرەتی عیسادا ـدـ ئەویش رۆژی جومعەی بڕیار داو قەومەکەی وتیان : مادام شەمە رۆژی بەنیئیسرائیلە ئێمە رۆژی یەك شەمە وەرئەگرین ، وە ئەوانیش ئەو رۆژەیان وەرگرت بۆ عیبادەتکردن بە تایبەتی •

بەهەر حاڵ ئەو هەڕەشە کە لە ئاخری ئایەتەکەوە دەرئەکەوێ لەسەر ئەوەیە کە لە وەختی خۆیدا بەنیئیسرائیل ملەجڕێیان کرد لەگەڵ حەزرەتی موساداو جومعەیان قەبووڵ نەکرد تا خودا بۆی کردن بە رۆژی شەمە ، کەچی رۆژی شەمەکەیشیان بە راستی رێز نەگرت هەتا لە دنیادا خودا قاری لێ گرتن ، وە لە قیامەتیشا سزایان ئەدا ؛ چونکی گۆڕینی یاسای خودایی بە هەر شێوەیێ بێ ئەبێ بە هۆی قاری خودا لەبەر ئەوە یاسای خودا پڕە لە حیکمەتو عینادی لەگەڵ حیکمەتدا دوورە لە حیکمەت •

وە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە : مەعنای ئەو ئایەتە ئەمەیە : نەودك تۆڵە بڕیار درا لەسەر ڕۆژی شەمە ئیللا بۆ ئەو کەسانە کە شۆڕش‌و غەوغایان هەڵساند لـە ئیحتیرامی ئـەو ڕۆژەداو لە ناو خەڵکدا بڵاویان کردەوە : ڕۆژ هەر ڕۆژەو فەرقی شەمەو یەك شەمەو ڕۆژەکانی تر نیەو مەنعی ئێمە لـە ڕاوەماسی لـە ڕۆژی شەمەدا بێ مەعنایەو ، خەڵکەکەیان هەڵنا بۆ شکاندنی شەمە ، جا خودای تەعالا قاری لێ‌گرتن‌و گۆڕینی بە مەیموون‌و بەراز تا سێ ڕۆژو لە پاشا مراندنی •

وە بـە ڕاستی خودای تۆ حوکم ئەدا لە بەینی ئەوانەدا لـە بابەتی ڕۆژی شەمەو گەلێ شتی ترەوە کە ئەوان ئیختیلافیان تێدا ئەکرد ، وە حاڵییان ئەکا کە حوکمی خودا ڕەوایە بە هەموو جۆرێ‌و عەلاقەی بـە فەلسەفەی ئێوەوە نیە •

وە موناسەبەیش لەگەڵ مەقاما ئەمەیە خودا هەڕەشە ئەکا لە کافرەکان ئەفەرموێت : من قارم گرت لـە بـەنی ئیسرائیل لەسـەر جەسارەتیان‌و شکاندنی ڕۆژی شەمە ، وە ئەگەر ئێوەیش لەمە زیاتر جەسارەت لەگەڵ پێغەمەری خۆشەویستما بکەن قارتان لێ ئەگرم ، وە **فیعلەن ئەوان هەر** جەسارەتیان زیاد بو تا لە ئەنجامدا خودا حەزرەتی زاڵکرد بەسەریانا لە بەدراو لە چەن شوێنی تِرداو شانی شکاندن‌و بەتاڵ دەرچوو حەق دامەزرا لە جیهانا •

★ (ادْعُ إلى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالحِكْمَةِ والمَوْعِظَةِ الحَسَنَةِ وجادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أحْسَنُ إنَّ رَبَّكَ هُوَ أعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وهُوَ أعْلَمُ بِالمُهْتَدِينَ) (١٢٥) ★

بزانن ! کاتێ خودای تەعالا فەرمانی دا بە حەزرەت ـدـ کە پەیڕەوی

حەزرەتی ئیبراهیم بکا لـە دەعوەتی عالەم بۆ لای خـودا ئـەو ڕێگەی دەعوەتە کە ئیبراهیم گرتبووی بۆی بەیان کرد بەم ئایەتە بەرزە پیرۆزەو فەرمووی : هۆشیارانی جیهان بانگ بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی ئەو کە تەوحیدە بە شێوەو یاسایێ کە دامەزراوو بێ عەیب بێ وە بـە دەلیلێ کە بورهان بێو ئینتاجی قەطعی بێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کـە زاناو باڵاو هۆشیاری تـەواون وە بـە ئامۆژگاری جـوانو مەفهـوومو نەزاکەتو ئەدەب لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ناتوانن ورد ببنەوە لە بورهانو لـە موستەوای ناو بەینان ، بـەڵام دڵو دەروونیان پاکـەو دوورن لـە عینادکاری ، وە موجادەلەیش بکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە حازر نین بۆ قەبووڵی دەعوەتو ئارەزووی ملەجڕێیان هەیە بـە یاسایێ کە جوانتری یاساکان بێ بـە نەوعێ نـەبێ بـە مایەی زیان بۆ دائیرەی دەعوەتەکەی خـۆت •

وە تۆ ئەمەت لـە سەرە کە سپێرراوە پێت ئیتر **حەقت نەبێ بەسەر** ئەوەوە کە ئەوان ئەگەن بە هیدایەتو سوودی واقیعی یا ناگەن ؛ چونکە بە ڕاستی خودای تۆ زاناترە لە هەموو کەس بەو کەسانە کە ئامۆژگاری کاریان لێ ناکا وە گومڕا ئەمێننەوە لە ڕێگەی خودا هەروا ئەو زاناترە بەو کەسانە کە ئەگەن بـە ئەنجامی بەرزی پیرۆز کـە هیدایەتە بۆ لای حەقو سلوکی ڕێگەی ڕاست ئەمانە حەواڵە بکە بە خودای خۆت •

بزانن ! ئیمامی ڕازی -خ- ئەفەرموێت : بانگکردنی ئادەمی بۆ هەر مەزهەبێ پێویستە بـە دەلیلو مەبەس لـەو دەلیلە یا دامەزراندنی ئـەو مەزهەبەیە لە دڵی موسوڵمانانا وە یا مەبەس دەمکوتکردنو بێدەنگکردنی خەصمە •

وە بەشی یەکەم دوو بەشــە لەبەر ئەوە ئــەو حوجەتە یا دەلیلێکی بورهانیو یەقینیە کە دوور بێ لە ئیحتیمالی نوقصان ، وە یاخود دەلیلێکە موفیدی باوەڕ بێ بەلام بە شێوەی ظەن نەك یەقین •

وا دەرکەوت هەرچی دەلیل هەیە ئەم سێ بەشەیە :

یەکەم : حوجەتی قەطعی موفید بۆ علیمی یەقینی ، وە ئەمە ناوئەبرێ بــە حیکمەتو ئــەمە بەرزترینی دەرەجاتەو خودا مەبەستی ئەمەیە کــە فەرموویە : (ومن یؤت الحکمة فقد اوتي خیرا کثیرا) واتە هەرکەس حیکمەتی پێدرابێ ئەوە بە راستی خێرێکی زۆری پێدراوە •

وە بەشی دووهەم دەلیلی ظەننیە . کە مەشهوورە بە (امارات) کە دەلیلی ئیقناعینو ئەمە ئەبێ بە مەوعیظەی حەسەنە •

وە بەشی سێهەم : ئەو دەلیلەیە کە مەبەست لەو دەلیلە دەمکوتکردنی خەصمە کە قسەی پێنەکرێ . وە ئەمە جەدەلە وە ئەم جەدەلەیش لەسەر دوو بەشە :

١ ــ ئەمەیە دەلیلەکەی دروستکرابێ لە (مقدمات مسلمه) خواه مسلم بێ لای جومهوور ، یا لــە لای ئــەو موقابیلە ، وە ئــەم جەدەلە جیدالێکە واقیع ئەبێ لەسەر شێوەی زۆر جوان ؛ چونکی موقەدیماتەکانی تەسلیم کراونو جێگەی غەوغا نین •

٢ ــ بەشی دووەم لــە جەدەل ئەمەیە کە موقەدیماتەکەی بەتاڵ بن • بــەلام ئــەو خاوەن جیدالە ئەیــەوێ بــە زۆری حیلــە بیانباتــە دڵی بەرانبەرەکەوە بــە هــەر شێوەیێ بێ ، وە ئــەم بەشە موناسبی ئەهلی فەضل نیە • بەڵکو شیرەی ئەوان بەشی یەکەمە : کە لە (وجادلهم بالتي

هي احسن) وەرئەگیرێ • وە ثابت بو بەم تەقریرە کە دەلائیل بریتین لەم سێ بەشە کە باسمانکردن •

جا کاتێ ئەمانەت زانی بزانە ئەهلی عیلم سێ تاقمن :

یەکەم : ئەوانە کە طالیبی زانستی راستیو بابەتی یەقینین ، وە قسە لەگەڵ ئەمانەدا قابیل نیە بە بەلگەگەلی قەطعی یەقینی نەبێ کە مەشهوورە بە حیکمەت •

دوەم : کۆمەڵێکە کە موشاغەبە زاڵە بەسەر تەبیعەتیاناو مەبەستیان دەرکی مەعاریفی حەقیقیو عولوومی یەقینی نیە ، وە قسە لەگەڵ ئەمانەدا موجادەلەیە بۆ بێدەنگکردنیان • ئـەم دوو تاقمە یەکەمیان لایەنی بەرزو بالآیە ، دوهەمیان لاخواروو پەستە •

وە تاقمی سێهەم کە وان لە بەینی ئەم دوو تاقمەدا ئەوانەن کە لـە کەلاما نەگەیشتوون بە تاقمی یەکەمو لە پەستیدا نەهاتوونەتە خوارەوە بۆ لای تاقمی دووهەم ، بەلـکو کەساتێکی وان لەسەر فیطرەتی ئەصڵیو سەلامەتی خوو رەوشت ، بەڵام لە پایەی قابیلیەتا نەگەیشتوون بە فامی بەلـگەگەلی قەطعی یەقینی ؛ چونکی ئەمە زۆر بەرزترە لە پایەی ئەوانو قسە لەگەڵ ئەمانەدا ئەبێ بە ئامۆژگاری جوانو قسەی خۆش بێ •

وە لە ناسکی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خودا فەرموویەتی : (ادع الی سبیل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة)و حەصری دەعوەتی کردوە لەسەر ئەم دوو بەشە ؛ چونکی دەعوەت ئەگەر بـە دەلائیلی قەطعیە بێ ئـەوە حیـکمەتە ، وە ئەگەر بـە دەلائیلی ظەنی بێ ئەوە مەوعیظەی حەسەنەیە ، بەڵام (جدل) لـە بابەتی دەعوەتو بانگهێشتن بۆ رێگەی خودا نیە ، بەلـکو مەبەست لە جەدەل هەر دەمکوتکردنی بەرانبەرە ، بۆیە خودای

تەعـالا جەدەل ئەبەستێ بە (ما قبل)یەوە لـە بەشەکانی بانگهێشتن‌و نەیفەرموو (ادع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظـة الحسـنة والجـدل الاحسن) بەڵکو جەدەلی لەوان دابڕی •

★ (وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْـلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِـهِ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ) (١٢٦) ★

واحیدی فەرموویەتی : لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەوە سێ واتە هەیە :

یەکەم : کاتێ حەزرەت ـدـ لە دوای جەنگی (احد) چاوی کەوت بە (حمزە)ی مامی کە شەهید کرابوو سکی دڕابو سوێندی خوارد : لە باتی حەمزە ئەبێ ئەویش حەفتا کەس لە کافرەکان بکا بە پەند • جا جوبرەئیل ئـەم ئایـەتی دوایی سوورەتی (نحل)ەی هێنـایە خوارەوەو حەزرەت لە بیرەکەی خۆی دەسبەردار بو • بەم گوێرە ئەبێ سوورەتی (نحل) مەکی بێ ئەم چەن ئایەتەی دوایی نەبێ •

دوەم : ئەم ئایەتە لە پێش ئەمرکردن بە جەنگ‌و بەکارهێنانی شیردا هاتوەتە خوارەوە ، لەو کاتەدا کـە موسوڵمانەکان ئەمریان پێ نەکرابو بەوە ئەمان جەنگ هەڵبگیرسێنن ، ئەوەندە بو ئەگەر یەکێ جەنگی لەگەڵ بکردایەن ئەمانیش جەنگیان لەگەڵدا ئەکردن ، بـەم پێیە ئەفەرموێت : ئەگەر لە لایەنی کافرانەوە ئازاردران‌و ئێوەیش ویستتان تۆڵە بسێننەوە ئەوە بە قەی حەقەکەی خۆتان دەست بوەشێنن‌و زیادەڕەوی مەکەن •

سێهەم : ئەمەیە مەبەست لەم ئایەتە نەهی‌کردنە لە ستەم لێکراو کە زیاد لـە حەقـەکەی هیچ وەربگرێ لـە ستەمکەرەکە ، ئـەمە واتـەی (نەخەعی)و (موجاهید)و (ابن‌سیرین)ە •

بەڵام ئیمامی رازی فەرموویەتی : من وا ئەزانم ئەم ئایەتە تابیعی ئایەتی (ادع الی سبیل ربك)یە • واتە لە ناوی ئەم دەعوەتەدا ئێوە گیرۆدەی گەلێ ئینسانی ناهەموار ئەبن‌و لە کاتێکدا ئێوە بەرهەڵستی دینی ئەوان ئەکەن ئەوانیش تووڕە ئەبن‌و دەست ئەوەشێنن‌و کاری ناشایستە ئەکەن‌و قسەی ناشیرین ئەڵێن ، جا ئێوەیش لە بەرابەری ئەو کارە ناشیرینەوە ئەگەر حەقی خۆتان وەرگرت لە رادەی ئەو حەقە دەرمەچن . وە لەسەر ئەم ئیحتیماله ماوەی سوێندی حەزرەت لەسەر بەسەرهاتی حەمزە ئەکەوێتە بەر ئەم ئایەتە دواینە . واتە ئەگەر کافرێ عەیبدار بکەی حەقی تاقە کەسێکت هەیە نەك زیاتر . وە ئەگەر خۆبگرن‌و لێبوردنتان ببێ ئەوە بۆ پاداشی خۆگرەکان لە پاشەڕۆژا چاکترە •

★ (واصْبِرْ وما صَبْرُكَ إلاَّ باللهِ ولا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ ولا تَكُ في ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرونَ (١٢٧) إنَّ اللهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا والَّذِينَ هُمْ مُحْسِنونَ) (١٢٨) ★

پاش ئەوە کە لە ئایەتی پێشوودا خودای تەعالا ئیرشادی حەزرەتی کرد بۆ ئەوە ئەگەر خۆی بگرێ‌و تۆڵە نەسێنێتەوە ئەو خۆگرتنەکەی جوانترە •• خودا لای دا بۆ مەقامی فەرمان‌و ئەمری دا بە حەزرەت بە خۆگرتن‌و فەرمووی : خۆت بگرە بەرابەر بە هەموو ئازارو زەحمەتێ کە لە لایەنی کافرەکانەوە رووت تێ ئەکاو روو ئەکاتە یارانیشت ، وە ئەم خۆگرتنی تۆ بە یارمەتی خودا نەبێ نایەتە جێ‌و زویر مەبە لەسەر کردەوەی ناشیرینی کافرەکان‌و با دڵت تەنگ نەبێ لەو حیلەو مەکرانە کە کافرەکان بەرابەر بە تۆو پەیڕەوانت ئەیکەن ؛ چونکی ئەنجامی خێر هەر بۆ ئێوەیە لەبەر ئەوە کە خودا بە یارمەتی‌و سەرخستن بەسەر دوژمندا لەگەڵ

ئەوانەیە کە تەقوای خودا ئەکەن بە تەرکی نافەرمانیو بە کردنی واجیباتو لەگەڵ ئەوانەدایە کە پایەی (احسان)یان هەیەو لە بەندەییدا بە ئیخلاصن وەکو ئەوە کە چاویان لە خوداوە بێ وا بەندەیی دەکەن نەك شتی حەرام بەڵکو شتی مەکرووهیش ناکەنو ، نەك هەر واجیبات بەڵکو سونەتیش بەجێ دێننو ، نەك هەر تۆڵە ناسێننەوە بەڵکو لە تاوانباریش خۆش ئەبن ، وە ئێوە لەوانەن کە ئەهلی تەقواو ئەهلی ئیحسانن •



بە لەفزی ئیحسان تەواو بو کارم
بۆ ئیحسانی تۆ بە ئینتیظارم
لە سەر پیرۆزی سەرداری ئینسان
عەفومان بکە بە لوطفو ئیحسان
بیکە بە خاتر حەزرەتی رەهبەر
سەرفەرازە کە لە رۆژی مەحشەر

سووره‌تی (ئیسرا)

(١١١) ئایه‌ته ، ئیبن‌و عـه‌باس ئه‌فه‌رموێ : ئـه‌م سووره‌ته (مه‌کی)یه له ئایه‌تی (وان کادوا لیستفزونك من الارض ٠٠٠)ه‌وه نـه‌بێ تا (واجعـل لي من لدنك سـلطانا نصـيرا) ئـه‌وانه (مه‌ده‌نی)ن‌و کاتێ وه‌فـدی (ثه‌قیف) هاتن ئه‌و ئه‌ندازه هاته‌خواره‌وه ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحِيمِ

★ (سُبْحانَ الَّذي أسْرى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِن المَسْجِدِ الحَرامِ إلى المَسْجِدِ الاَقْصى الَّذي بارَكْنا حوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آياتِنا إنَّهُ هوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ) (١) ★

پاکی‌و بێ عه‌یبی بۆ ئـه‌و خودایه کـه شه‌وڕه‌وی کـرد بـه عه‌بده خۆشه‌ویسته تایبه‌تیه‌که‌ی خۆی که محه‌مه‌دی کوڕی عه‌بدوڵڵای کوڕی (عبدالمطلب)ی هاشمی‌یه له به‌شێکی که‌م له شه‌وێکا له عه‌رزی (مسجد الحرام) واتـه ماڵی (کعبة الله)وه لـــه شاری مه‌که‌ی موکه‌ڕه‌مه‌دا تا

(مسجد الاقصی) لە شاری (قودس) ! ئەو مزگەوتە کە ئەطرافەکەمان پیرۆز کردوە بە وجوودی گەلێ لە پێغەمەران لە کاتی خۆیاناو پیرۆزی ژیواریشمان پێداوە وە لە هەمو جۆرە رۆزییەکمان دروست کردوە تیایا ، وە بۆ ئەوە شەوڕەوی کرد بەو عەبدی خۆیە کە بازە ئایـەتێو بـازە نیشانەیێ لەوانە کە رەهنموونی هۆشیار ئەکەن بۆ لای گەورەیی ئێمە •• دەربخەین بۆیو چاوی پێیان بکەوێ ؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا گوێی وا لە دۆعاو پاڕانەوەی محەمەدەوە بۆ یارمەتیدانیو چاوی وا لەوو لـە پەیڕەوەکانیەوە کـە چیان بەسەردا دێ ، جا تا بەو شەوڕەویە دڵی دابمەزرێنینو ئاگـاداری بکەینـەوە لـە ئاثاری پـەنامەکی جیهـانو لـە عەجائیباتی دنیا . وە لەم دڵتەنگیە دەربچێ •

بزانن ! زانایانی دین گەلێ قسەیان کردوە لـە شەوی (اسرا)دا ، بەهێزتریان ئەوەیە کە لە شەوی بیستو حەوتەمی رەجەبدا بوە •

هەروا قسە زۆرە لە دیاریکردنی ئەو شوێنەدا کە ئەو شەوە حەزرەت تیایا بوە ؛ یەکێ لەو قسانە ئەوەیە کە لە ماڵی (ام هانیء) پوورکیا بوە کە لە نزیکی کەعبەدا بوە •

وە یەکێ تریان ئەوەیە کە لە (حجری اسماعیل)دا بوە • وە یەکێ تر ئەوەیە لە نێوان زەمزەمو مەقامدا بوە ، وە ئەم قسە دووهەمە جێگەی دامەزرانی دڵی ئینسـانە چونکی نەصی ئایەتـەکە (من المسجد الحرام) ئەڵێ . جا ئەو (مسجد الحرام)ە ئەگەر مەبەست (کعبة الله) بێ ئەوە تەضبیق ئەکرێ لەسەر ئەو ریوایەتە کە ئەڵێ لە (حجری اسماعیل)دا بوە ؛ چونکی (حجری اسماعیل) وەختی خۆی داخلی بینای کەعبە بوە ، وە ئەگەر مەبەست ئەو شوێنانە بێ کە وان لە نزیکی (کعبة الله)دا ئەوەیش

دەست ئەداو موافیقی ئەو ریوایەتەیە کە ئەڵێ حەزرەت لـە لای بـیری زەمزەمدا بوە کە تەشریفی رۆیشت بە شەورەوی بۆ (بیت المقدس) •

بەڵام ئەو ریوایەتە کە ئەڵێ : حەزرەت لەماڵی پووره (فاختە)دا بو کە مەشهووره بە (ام هانیء) کچی (عبدالمطلب) ئەوە دووره لە نەصی (مسجد الحرام)ەوە ، (اللهم) مەگەر بڵێین لەو کاتەدا جبرەئیل هات بۆ خزمەتی لـــە ماڵی پووریا بو لەوێوە هێنای بۆ (حجری اسماعیل)و لەوێشەوە هێنای بۆ بیری زەمزەم ، وە پاش ئەوە لە زەمزەم دەرچو لـە بەینی زەمزەم‌و مەقامەوە سواری بوراق بو رۆیشت بۆ (بیت المقدس) • لە (روح المعانی)دا ئیشارە ئەکا بۆ ئەم تەئویلە لەبەر جەمع لە بەینی ئەو ریوایەتانەدا •

وە پێویستە بزانن ئـــەم شەورەویە لـە مزگەوتی مەکەوە هەروا (معراج)و بەرزەوەبوونی حەزرەت (د) لە (بیت المقدس)ەوە بۆ ژوور هەموو ئاسمانەکان بـە گیان‌و لەش بوە لـە حاڵی بێداریدا بوە نەك بـە رۆح وە یا بە خەوبینین لە بەر چەن دەلیل :

یەکەم : کەلیمەی (سبحان)و (سبحان الله) لە شوێنی تەعەجوب لە شتی گەورەو رووداوی نایابدا بەکار دێ ، وە ئەم (اسرا) لەم ئایەتەدا هەیە ئەگەر بە رۆح بوایە وە یا بە حاڵەتی نوستن‌و خەو بینین بوایە ئەوە نەدەبو بە هۆی سەرسوڕمان بۆ کەس‌و ، لـــە هـەموو جۆره تاقمێکی ئینساندا خەوی وەها ئەبینرێ کە زۆر زۆر شتی نایابی تێدایەو کەسیش سەری لێی سوڕنامێنێ •

دووهەم : کەلیمەی (عەبد) لـــە هـــەر شوێنێکدا لە قورئانا بەکارهێنرابێ وەکو لە سوورەتی (تبارك)و سوورەتی (جن)و سوورەتی

(علق)دا ... هه‌موو مه‌به‌س ئـــه‌م شه‌خسه موباره‌که‌یه . که وابێ سه سووره‌تی (ئیسرا)یشدا هه‌ر ئه‌و شه‌خسه‌یه .

سێهه‌م : له حه‌دیثی به هێزا ثابت بوه له‌و کاته‌دا حه‌زره‌ت (د) ئه‌م واقیعه‌یه گێڕایه‌وه بۆ خه‌ڵك کافره‌کان گه‌لێ گاڵته‌یان پێ‌کردو بازێ لـه موسوڵمانه ئیمان‌لاوازه‌کانیش له دین وه‌رگه‌ڕانه‌وه ـ په‌نا به خودا ـ ، جا ئه‌گه‌ر ئه‌و رووداوه به رۆح یا بـه خه‌و بوایه قابیلی ئه‌وه نه‌ده‌بو که‌س ئینکاری بکا .

وه هه‌ر وه‌کو چۆن ئیسرا به رۆح‌و جه‌سه‌د بوه وه‌ها میعراجه‌که‌یشی ؛ چونکی گه‌لێ حه‌دیث‌و فه‌رمووده‌ی به هێز لـه کتێبه حه‌دیثه گه‌وره‌کانا ریوایه‌ت کراوه بۆ ده‌لیل له‌سه‌ر ئه‌وه که ئه‌و رووداوه له عه‌رزو ئاسمانا به صووره‌تی واقیعی رۆح‌و جه‌سه‌د بوون .

چواره‌م : هه‌ر موعجیزه‌یێ بۆ هـــه‌ر پێغه‌مه‌رێ رووی داوه لـه ئاده‌مه‌وه تا خاته‌م (د) وه‌کو مانه‌وه‌ی حه‌زره‌تی ئیبراهیم له ناو ئاگرا به بێ زیان‌و . عاسای حه‌زره‌تی موسا که ئه‌بو به ئه‌ژدیها وه ئه‌گه‌ڕایه‌وه بۆ سـه‌ر حاڵی خۆی که دار بو . وه موعجیزه‌کانی حه‌زره‌تی عیسا که مردووی زیندوئه‌کرده‌وه هه‌موو ئه‌مانه له یاسای عاده‌تی عاله‌م بده‌رن ، وه هه‌رکه‌سێ باوه‌ڕی به‌وانه هه‌بێ پێویسته باوه‌ڕی به ئیسراو میعراج بۆ فه‌خری عاله‌م (د) ببێ .

وه مادام یاســـای (خرق العادە) دامه‌زرا بـــه‌م مه‌عنا هه‌رچی موعجیزه‌یه ئه‌بێ به خیلافی عاده‌ت بێ ئیتر فه‌رق نامێنێ له به‌ینی ئه‌وه‌دا که دارێ ببێ به مار یا مارێ ببێ به دارو مردوویه‌ك زینـــدو ببێته‌وه یـا

زیندوویەك بڕواتە ئاسمانو بێتەوە ، صەد هەزار رەحمەت لە رۆحی (سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی) کە فەرمووتی :

گەر زەڕەی شوعوور هەیە پێتەوە
کە وتیان خودا ئەبڕێتەوە

وەلحاصڵ ئەو کەسە کە باوەڕی هەیە بە قورئانی پیرۆزو لە مەعنای ئایەتەکانی حاڵی ئەبێ تەماشای قورئان بکا گەلێ موعجیزەی وەکو ئیسرای بەرچاو ئەکەوێ ، لەوانە : هەڵگرتنی با بۆ تەختی سولەیمان لەگەڵ وەزیرەکانیو دەستەو بەستەیا لە تاقی سبەینێدا بۆ مانگێ رێگە بە دەوام بە کەمتر ناناسرێ لە رووداوی ئیسرای حەزرەت •

هەروا رووداوی گەیاندنو راکێشانی تەختی بەڵقیس لە ماوەی چاوبڕکەیەکدا لە قەبیلەی ئەم موعجیزەتانێ لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی ئەو رووداوە پێغەمەر نەبوە بەڵکو یەکێ لە گەلی سولەیمان بوەو لە پیاوچاکان •

پێنجەم : ئەو کەسەی کە هۆشیارەو ئیمانی هەیە بە پەروەردگاری جیهان ئەگەر کەمێ وردبێتەوە لە شێوەی عەرزو ئاسمانو هاتوچۆی ئەستێرەکانو گەڕانی زەوی بە دەوری خۆیا لە هەموو شەوو رۆژێکا جارێو ، بە دەوری رۆژا لە هەموو ساڵێکا جارێو ، مانەوەی ئەم ئەستێرانە لەسەر یاسای هاتوچۆیان بە درێژاییساڵانو ، مانەوەی ئەمانە لەسەر مەرکەزی خۆیانو دەوامی نیظامی جمەوجووڵیان بە بێ ئەوە دەقیقەیێ ئەم وەزعە گۆڕانو جیاوازی تێدا پەیدا ببێ •• لە عالەما کەسێ بە شوعوورەوە لەمانە وردبێتەوە ئەزانێ کە پەروەردگار تەوانایە بە سەر هەموو شتێکی وەهادا داخڵی دائیرەی ئیمکانی زاتی بێ ؛ وە مەعلووم بەرزەوەبوونی

مادەی قورس بۆ ئاسمان وە یا دابەزینی لەشی سووك بۆ زەوی ، وەکو دابەزینی جوبرەئیل لە ژوور ئاسمانەکانەوە بۆ زەوی بە چاوبڕکەیێ •• هەموویان لە مومکیناتن‌و خودایش تەوانایە بەسەریانا •

ئیتر پێویست بەوە ناکا ئێمە دەلیل بهێنینەوە بەوە کە بە چەن ثانیەیێ جیسمی کورەی رۆژ لە کەنارەی ئاسمان بۆ ئێمە دەرئەکەوێ لەگەڵ ئەوەیشدا مەسافەی ئەو دائیرەی موحیطی رۆژە بە قەی چارەکە ملیۆنێ جار لە موحیطی کورەی زەوی گەورەترە • وە یا خود ئەو کەسانە کە وان لەسەر کورەی زەویدا بە جۆرێ عەرز بە چەسپانی سوورِ ئەخوا کە بە چەن ثانیەیێ بە تەواوی کورەی رۆژ ئەوەی وا رووی لە ئێمەیە بۆمان دەرئەکەوێ ؛ ئەم دەلیلانە هەموو فەرعی ئیمان‌و باوەڕن بە پەروەردگاری تەوانا وە بۆ کەسێ ئەو ئیمان‌و باوەڕەی هەبێ بە پەروەردگاری عالەم هەموو ئەم رووداوانە ئاسانن •

وە حەدیثی ئیسرا ـ وەکو ئەحمەد شەهابی قەستەلانی لە کتێبی (المواهب اللدنیه)دا ئەڵێ ـ لە بیست‌و شەش کەس لە یارانی حەزرەتەوە واریید بوە کە ئەمانە ژمارەی موفیدن بۆ یەقین لە بیستنی ئەو واقیعەدا لە دەمی موبارەکی حەزرەتەوە ، ئیتر ئەم مەوزووعە ثابتە بە قەطعی •

وە ئەو ریوایەتانە کە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە واقیعەی ئیسرا بە خەوبینین بوە بە قەی مثقاڵە زەڕەیێ قیمەتیان نیە بە یاسای عیلم ، بۆیە خاوەنی (مەواهیب) ئەفەرموێت : حەدیثی ئیسراء لە پێش دەرکەوتنی بیدعەت لە عالەمی ئیسلامدا زانایانی ئیسلام ئیجماعیان کردوە لە سەری‌و خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) ئەفەرموێت : ئیسراء لە مەکەوە هەتا (بیت المقدس) بە قورئان ثابت بوەو هەر کەسێ ئینکاری بکا کافر

ئەبێ . بەلاّم بەرزەوەبوون لە (بيت المقدس)ەوە بۆ ژووری ئاسمانەکان بە نەصی ئایەت ثابت نەبوە بەڵکو بە حەدیث ثابت بوەو ئینکاری ئەوە بیدعەتو گومڕاهیەو بەس •

وە بازێ فەرموویانە : میعراجیش وەکو بە حەدیث ثابت بوە بـە قورئانیش ثابت بوە ؛ چونکی خودای تەعالا لە سوورەتی (والنجم)دا ئەفەرموێت (افتمارونه علی ما یری ؟ ولقد رآه نزلة اخری ، عند سدرة المنتهی ، عندها جنة المأوی ، اذ یغشی السدرة ما یغشی ، ما زاغ البصر وما طغی ، لقد رای من آیات ربه الکبری) • واتە : ئایا ئێوە ـ ئەی قورەیش ـ موجادەلە ئەکەن لەگەڵ محەمەدا (د) لەسەر ئـەوە کە ئەیبینێو لـەو فەرموودەیەدا کە ئەفەرموێ من جوبرەئیلم لەسەر شکڵو شێوەی خۆی دیوە لەو کاتەدا کە لە ئەشکەوتی (حراء) هاتە خوارەوە ؟ ڕەوا نیە بۆ ئێوە ئینکاری ئەم چاوپێکەوتنی ئەوە بۆ جوبرەئیل لەسـەر شێوەی خۆی ؛ چونکی بە راستی محەمەد (د) جارێکی تر جوبرەئیلی بینی لـە لای داری (سدرة المنتهی)دا کـە (جنة الماوی) لە نزیکی ئەودایە لـەو کاتـەدا کـە دەرەختی (سـدرة المنتهی)ی داگـرتبو ئـەوەی کـە دای گرتبو لە فریشتەکان ، وە بە قەراری قەطعی چاوی محەمەد لای نەدا لە بینینی ئەو شتانە کە ئەیبینین ، وە تەجاوزی نەکردوەو بە راستی دەرکی ئەکردن ، بە راستی لەم کاتەدا گەلێ نیشانەی گەورە گەورەی بینی لـە کیبریای زاتی خوداو لە تەوانایی ئەو •

شاهید ئەوەیە کە گەلێ لە موفەسیرەکان فەرموویانـە : (ضەمیری مەنصوب) لە جوملەی (ولقد رآه)دا ئەگەڕێتەوە بۆ زاتی خودا ، واتە پێغەمەر (د) جارێکی تر خودای چاو پێکەوتوە ؛ یانی دوو جار دیویەتی ، بـەلاّم زۆربەی موفەسیرەکان ئەڵێن : ئـەو ضەمیرە ئەگەڕێتەوە بـۆ

جوبرەئیل‌و لەمەوە دەرئەکەوێ کە واقیعەی میعراجی حەزرەت (د) بـۆ ئاسمانەکان تا (سدرة المنتهی) بو ئەمەیش بە ئایەت ثابت بوە ؛ چونکی مەعلومە بوە بــە بەڵگەی رووناك کە حەزرەت دوو جـار جوبرەئیلی لە شێوەی واقیعی خۆیدا دیوە ، جارێ لـە رێگەی ئەشکەوتی حیراداو جارێکیش لە لای (سدرة المنتهی)دا ، جاری یەکەم لە عەرزاو جاری دوەم لە ئاسمان . وە مەعلومیشە کە مەبەس ئەوە نیە حەزرەت ـدـ لە عەرزەوە تەماشای کردوە ؛ چونکی باقی ئایەتەکان دەلیلن لەسەر ئەوە کە حەزرەت خۆی لەوێدا بوە وە ئەو دیتنەیشی لە ئاسماندا هەر لە کاتی ئیسرادا بوە •

بەهەر حاڵ من بەش بە حاڵی خۆم بیرو باوەڕم لەسەر ئەوەیە کـە هەر وەکو ئیسراء لـە مەکەوە هەتا (بیت المقدس) بـە ئایەت ثابت بوە هەروەهـا میعــراج‌و سەرکەوتنی حـەزرەت لـە (بیت المقدس)ەوە بۆ ئاسمانەکان بە ئایەت ثابتە ، وە ئایەتەکانی سوورەتی (والنجم) بە روونی دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەو میعراجە تا (سدرة المنتهی) •

وە تەفصیلی رووداوی ئیسراو میعراج حەواڵەی کتێبە گەورەکانە ، وەکو بوخاری‌و ، موسلیم‌و ، ترمذی‌و ، باقی کتێبە صیحاحەکانی حەدیث کە بە درێژی لەم باسە دواون بە تایبەتی کتێبی (فتح الباري) لە شەرحی بوخاریدا کە دانراوی ئیبن‌و حەجەری عەسقەلانیەو ، کتێبی (المواهب اللدنية) دانراوی شێخ ئەحمەدی شەهابی قەستەلانی •

نوختــەیەکی تر لــەم شــوێنەدا ماوەتەوە کــە ئەوەیە : لەســەر چ موناسەبەیێ حەزرەت شەوڕەوی پێ‌کرا بۆ (بیت المقدس)و لەوێوە بەرز کرایەوە بۆ ژوور ئاسمانەکان ؟ وە لەگەڵ رووداوی ئیسرادا خودای تەعالا باسی حەزرەتی موســاو ناردنی کتێب بۆی‌و ئەحواڵی بـەنی ئیســرائیل

دێنێتە پێشەوە بەو شێوەیە کە لە هیچ سوورەتێکدا ئەم باسەی نەکردوە •

من وا ئەزانم ئەمە بێدارکردنەوەیە بۆ ئومسەتی ئیسلام لەسەر ئەوە دوو مزگەوتی خاوەن رێز هەن لەسەر عەرزا ، یەکەم : مزگەوتی کەعبە ، کە حەزرەتی ئیبراهیم دروستی کردوە •

دووهەم : مزگەوتی (بیت المقدس) کە چل ساڵ پاش دروستکردنی کەعبە حەزرەتی یەعقووب دروستی کرد لە شاری قودسی ئیمرۆدا • وە لە پاشان حەزرەتی داود گەورەی کردو ، پاش ئـەو حەزرەتی سولەیمان کردی بەو مزگەوتە گەورە کە هەیە • وە تێیان ئەگەیەنێ کە ئەم مزگەوتی قودسە وا لەبـەر خەتەری ئیفسادی بەنی ئیسرائیلداو ئەیانەوێ داگیری بکەن هەتا هەتایە ، وە مادام ئەو مزگەوتە داگیر کرا ئەم جارە مزگەوتی کەعبەیش ئەکەوێتە مەترسیەوەو بـە تەبیعەتی حـاڵ مزگەوتی مەدینـەی مونەوەرەیش لە مزگەوتە عالەمیەکانە ئەویش هەر ئەکەوێتە بەر مەترسیو واجبە لەسەر موسوڵمانان کە لە پێش ئەوەدا ئەم سەرەتانە ریشە دابکوتێ بەسەر لەشی موسوڵمانانا چار بکرێت •

جا لەبەر ئەوە کە تەفسیری ئەم ئایەتە موناسبە بە ریوایەتی حەدیثی ئیسراء ، وە گەورەترینی کتێبی حەدیث صەحیحی (بوخاری)یە •• من لێرەدا ئەو حەدیثی بوخاریەتان بۆ ئەکەم بە کوردیو لەگەڵ تێهەڵکێشی بازە ریوایـەتێ کـە مەوزووعـەکە رووناك ئەکاتەوە بـە یارمەتی خـودا ئەینووسم :

لە بابی میعراجدا لە بوخاریدا ئەفەرموێت : پێغەمەر ـدـ فەرموویە : لە کاتێکدا من لـە (حطیم)دا بووم ، یا خود فەرمووی : لـە (حجری اسماعیل)دا راکشابووم کوتوپڕ شەخسێ هات بۆ لام ـ واتە جوبرەئیل ـ

وە هات لە دانەی سەرسنگمەوە لەتی کرد هەتا گەیشتە مووی لای ناوکم ، وە دڵی دەرهێنام‌و لـە پاشان بـە پڕ بە تەشتێ ئاڵتوون بـە تەواوی دڵی شۆریمەوەو پڕ کرا لـە حیکمەت‌و لـە ئیمان‌و خرایەوە شوێنی خۆی‌و سنگم وەکو لەوەبەری لێ هاتەوە •

جا حەیوانێکیان هێنا بچووکتر لە هێسترو گەورەتر لە گوێدرێژ (بوراق) کە ئەوەنە هەنگاوی بڵاو بو چەنێ چاوی بڕی ئەکرد هەنگاوی لەو شوێنەدا دائەنا ، وە سواری ئەو حەیوانە کرام‌و جوبرەئیل هێنامی هەتا ئاسمانی یەکەم •

لەم شوێنەدا شتێ لە ریوایەتی قەتادە لە ئەنەسەوە تەرك کراوە کە ثابتی بـەنانی ریوایـەتی ئـەکا ، وەکـو ئیبن‌و حەجـەری عەسـقەلانی ئەفەرموێت ، عیبارەتە لەمە کە لە ئەنەسەوە ریوایەت ئەکا لە حەزرەتەوە ـدـ فەرمووی : بوراقم بۆ هێنرا ، وە وەصفی کرد بە وەصفە پێشوەکە ، جا سواری بووم هەتا گەیشتمە (بیت المقدس)و بوراقم بەستەوە بـەو هەڵقەوە کە پێغەمەرانی پێشو پێیانەوە بەستوە جا رۆیشتمە ناو (بیت المقدس)ەوە دوو رکات نوێژم تێدا کرد • وە لەم شوێنەدا لە (انوارى محمديه)دا نەقڵ ئەکا لە ئیبن‌و ئەبی حاتەم لە تەفسیرەکەیا لە ئەنەسەوە ، ئەڵێت : ئەوەندەی پێ نەچو تا خەڵقێکی زۆر گردبوونەوە ، جا بانگدەر بانگی داو ، قامەت کـرا بۆ نوێژ ، وە ئیمەیش راستەوە بووین بـە چەن صەف • وە چاوەڕێ بووم کێ ئەبێ بە ئیمام بۆمان ، تا جوبرەئیل دەستی گرتم‌و خستمیە پێشەوەو نوێژەکەم بۆ کردن ، کاتێ کە نوێژەکەم تەواو کرد جوبرەئیل فەرمووی : ئەزانی کێ لە پشتی تۆوە نوێژی کرد ؟ وتم : نـە ، فەرمووی : هەر پێغەمەرێ خودا بە ریسالەت رەوانەی کردوە لـە پشتی تۆوە نوێژیان کرد •

جا پاش ئەمە جوبرەئیل بردمی هەتا گەیشتینە ئاسمانی دنیا ، جوبرەئیل داوای کردنـەوەی دەرگای کـرد ، لەوێ پرسیار کـرا : کێیــە ؟ وتی : جوبرەئیل ، وتیــان کێت لــە گـەڵدایە ؟ وتی : محـەمەد • وتیــان : کتێبی بۆ رەوانـە کـراوە ؟ وتی : بـەڵێ • جــا وتیـان : بـەخێر بێ‌و دەرگایان بـۆ کردەوە ، کاتێ رۆیشتمە ماڵەوە تەماشام کـرد کـە زاتێ وا لەوێدا ، وتیــان : ئەمە حەزرەتی ئادەمەو باوکتـە ، دەی سەلامی لێ بکـە ، منیش سەلامم لێ‌کردو جوابی سەلامەکەی دامەوەو فەرمووی : مەرحەبا لە کوڕی چاکو پێغەمەری چاك • پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە هەتا گەیشتمە ئاسمانی دووهەم ، وە لـەوێدا داوای کردنەوەی دەرگای کرد ، وتیان : کێیە ؟ وتی : جوبرەئیلە • وتیان : کێ وا لەگەڵتا ؟

وتی : محەمەد • وتیان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ • وتیان : بەخێربێ‌و دەرگایان کردەوە ، کـە رۆیشتمە ناوەوە تەماشام کرد یەحیاو عیسا وان لەوێدا کـە پوورزای یەکن ، جوبرەئیل فەرمووی : ئەمـانە یەحیاو عیسان دەی سەلامیان لێ بکە ، منیش سەلامم لێ کردنو جوابی سەلامەکەیان دامەوەو فەرموویان : مەرحەبا لـە برای چاکو پێغەمەری چـاك •

پاش ئـەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی سێهەم‌و داوای کردنەوەی دەرگای کرد ، وتیان : کێیە ؟ وتی : جوبرەئیل ، وتیان : کێت لەگەڵدایە ؟ وتی : محەمەد ، وتیان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ • وتیان : بەخێربێ‌و دەرگایان کردەوە ، کـە چوومە ژوورەوە جوبرەئیل وتی : ئەمە یوسفە سەلامی لێ بکە ، منیش سەلامم لێ کرد ئەویش جوابی دامەوە ، لە پاشان فەرمووی : مەرحەبا لە پێغەمەری چاکو برای چاك •

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی چوارەمو گەیشتو داوای کردنەوەی دەرگای کرد وتیان : کێیە ؟ وتی جوبرەئیل ، وتیان : کێت وا لەگەڵدا ؟ وتی : محەمەد ، وتیـان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ . وتیان : بەخێربێو دەرگایان کردەوە ، کە چوومەماڵەوە وتی : ئەمە ئیدریسە سەلامی لێ بکە منیش سەلامم لێ کردو جوابی سەلامەکەی دامەوە جا فەرمووی : مەرحەبا لە برای چاکو پێغەمەری چاک .

پاش ئەمـە جوبرەئیل بەرزی کردمـەوە بۆ ئاسمانی پێنجـەم کاتێ گەیشتین داوای کردنەوەی دەرگای کرد ، وتیان : کێیە ؟ وتی : جوبرەئیل ، وتیان : کێت لەگەڵدایە ؟ وتی : محەمەد . وتیان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ . وتیان : بەخێربێن . جا دەرگایان کردەوە کە چوومە ماڵەوە وتیان : ئـەمە (هارون)ە . سەلامی لێ بکە ، منیش سەلامم لێکـردو جوابی سەلامەکەی دایەوەو فەرمووی : مەرحەبا لە برای چاکو پێغەمەری چـاك .

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی شەشەم . هـەتا گەیشتینو داوای کردنـەوەی دەرگـای کـرد وتیـان : کێیـە ؟ وتی : جوبرەئیل . وتیان : کێت لەگەڵدایە ؟ وتی : محەمەد ، وتیان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ ، وتیـان : بەخێربێ ، جـا دەرگایان کردەوە کاتێ چوومە ماڵەوە جوبرەئیل وتی : ئەمـە موسایە سەلامی لێ بکـە ، منیش سەلامم لێکردو جوابی سەلامی دامەوەو فەرمووی : مەرحەبا لـە برای چاکو پێغەمەری چاك .

پاش ئـەوە جوبرەئیل بەرزی کردمـەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم هـەتا گەیشتینو داوای کردنەوەی دەرگای کـرد ، وتیـان : کێیـە ؟ وتی :

جوبرەئیل ، وتیان : کێت لەگەڵدایە ؟ وتی : محەمەد ـد ـ وتیان : پێغەمەری خودایە ؟ وتی : بەڵێ • وتیان : بەخێربێ • دەرگایان کردەوە کە چوومە سەر تەماشام کرد ئیبراهیمە ، وتیان : ئەمە باوکی تۆیە سەلامی لێ بکە . منیش سەلامم لێکردو جوابی دامەوەو فەرمووی : مەرحەبا لە کوڕی چاكو پێغەمەری چاك •

جا پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ (سدرة المنتهى) کە تەماشام کرد بەرەکەی ئەوەندەی کووپڵەی دێی (هەجەر) گەورە بوون ، وە گەڵاکەی وەکو گوێچکەی فیل وابو ، وتیان : ئەمە (سدرة المنتهى)یە •

کە تەماشام کرد چوار جۆگەی ئاو لە بنی ئەو دارە دەرئەچوون دوانیان ئەچوونەوە بە ناواو دەرنەدەکەوتن وە دوانیان بەدەرەوە بوون پرسیارم کرد لە جوبرەئیل : ئەمانە چین ؟ فەرمووی : ئەو دوو جۆگە ئەرۆنە ناوەوە ئەوە دوو جۆگەن وان لە بەهەشتا ، وە ئەم دوو جۆگە وان بە دەرەوە دوو جۆگەی (نیل)و (فورات)ن • گەلێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : یانی ئەمانە وێنەی ئاوی نیلو فوراتن •

پاش ئەمانە (بیت المعمور)م لێ دەرکەوت ، پاش ئەمە کاسەیێ شەرابو کاسەیێ شیرو کاسەیێ هەنگوینیان بۆ هێنام من کاسە شیرەکەم وەرگرت ، حەزرەتی جوبرەئیل وتی : ئەوە ئەو دینەو ئەو میللەتەیە کە تۆو ئەولادەکانت وان لەسەری •

پاش ئەمانە لە لایەنی خوداوە پەنجا نوێژم لەسەر فەرز کرا لە هەموو رۆژێکدا ، جا گەڕامەوەو رابوردم بە لای موسای کوڕی عیمرانا ، فەرمووی : ئەمرت بەچی پێکرا ؟ وتم : بە پەنجا فەرز لە هەموو رۆژێکدا •

فه‌رمووی : ئوممه‌تی تۆ ته‌وانایی به‌جێهێنانی په‌نجا نوێژیان نیه له هه‌موو ڕۆژێکداو به ڕاستی من ئوممه‌تم به‌راورد کردوه له پێش تۆداو خه‌ریکی به‌نی ئیسرائیل بووم زۆر به زه‌حمه‌ت ، بگه‌ڕێره‌وه بۆ لای خودا داوای لێ بکه ئه‌و نوێژانه له‌سه‌ر ئومه‌ته‌که‌ت سووك بکا •

منیش گه‌ڕامه‌وه‌و خودای ته‌عالا ده نوێژی لێ لابردن ، جا گه‌ڕامه‌وه بۆ لای موساو دووباره وه‌کو جاری پێشووی فه‌رموو ، منیش گه‌ڕامه‌وه داوای سووککردنم کرد لـه خودا ، خودای ته‌عـالا ده نوێژی تری لێ لابردن . جا گه‌ڕامه‌وه بۆ لای موسا هه‌متر وه‌کو جاری پێشووی فه‌رموو منیش گه‌ڕامه‌وه داوای سووککردنم کردو خودای ته‌عالا ده نوێژی تری لێ لابردن ، جا گه‌ڕامه‌وه بۆ لای موسا دیسان وه‌کو جـاری پێشووی فه‌رموو منیش گه‌ڕامه‌وه‌و داوام له خودا کردو ده نوێژی تری لێ لابردن . هه‌متر گه‌ڕامه‌وه بۆ لای موساو پێی وتمه‌وه‌و گه‌ڕامه‌وه بۆ لای خودای ته‌عـالاو داوای سووککردنم کـردو خـودا پێنـج نوێژی لێ لابردن‌و گه‌ڕامه‌وه بۆ لای موسا ، دیسان فه‌رمووی بگه‌ڕێره‌وه داوای سووککردنی لێ بکه ، وه وتم : ئه‌وه‌نده پاڕامه‌وه له خودا ئیتر شه‌رم ئه‌که‌م بڕۆمه‌وه‌و داوای سووککردنی لێ بکه‌م • کاتێ له‌وێ ده‌رچووم بانگم لێ کرا : وا فه‌رزی خۆمم بڕیار داو سووکیشم کرد له‌سه‌ر به‌نده‌کانی خۆم ، لـه‌م پایه‌دا ته‌رجه‌مه‌ی حه‌دیثی بوخاری شه‌ریف له ئیسراو میعراجا بڕایه‌وه •

وه‌کو لـه پێشه‌وه باسمان کـرد ، قسه زۆره لـه دیاریکردنی کاتی ئیسراو میعراجدا ، وه مه‌شهوور وایه له شه‌وی جومعه‌و له بیست‌و حه‌وتی مانگی ڕه‌جه‌ب‌و له شاری مه‌که‌دا بوه ، وه له‌و کاته‌دا عومری حه‌زره‌ت په‌نجاو یه‌ك ساڵ‌و نۆ مانگ‌و بیست‌و حه‌وت ڕۆژ بوه . واته ساڵێك‌و سێ

مانگ لە پێش کۆچکردنیا بوە بۆ مەدینەی مونەوەرە • (زادها الله شرفا وتعظیما !) •

وە لە (روح المعاني)دا دەڵێ : کە دەرەجاتی میعراج دە دەرجە بوە . حەوتیان بۆ ئاسمانو ، هەشتەم بۆ (سدرة المنتهی)و . نۆهەم بۆ ئەو پایە کە جیرەی قەڵەمی قەزای تێدا بیستوە ؛ وە دەهەم بۆ ژوور عەرش‌و پایەی موناجاتی حەزرەت ـدـ لە حوزووری خودادا . وە جوبرەئیل لە سیدرەدا راوەستاو فەرمووی : ناتوانم لەوە زیاتر بەرەوژوور بێم‌و . ئەگەر پەنجەیەك لەمە زیاتر نزیك بکەومەوە دەسووتێم ؛ لەوە ژوور بە رەفرەفدا سەرکەوت ، وە لە عەینی شەوا گەڕایەوە بۆ مەکە . وە حەزرەتی جوبرەئیل بۆ رۆژی سبەینێی شەوی میعراج هاتەخوارەوە بۆ مەکەو لە نوێژی نیوەڕۆدا بوو بە پێش‌نوێژ بۆ حەزرەت ـدـ و پێنج فەرزی بۆ کرد بە ئیمامەت واتە : نیوەڕۆ ، عەصر ، مەغریب ، عیشا ، بەیانی . لە ئەوەڵی وەختەکانەوە نیوەڕۆ لە پاش‌کاتی زەوال ، عەسر لە پاش ئەوە کە سێبەری هەر شتێ بە قەی خۆی لێ‌هات ـ بێجگە لە سێبەری کاتی ئیستیوا ـ وە عەسر لەو کاتە بەولاوە ؛ وە مەغریب لە پاش ئەوە رۆژ ئاوا بو . وە عیشا لە پاش ئەوە کە رووناکی سووری کەناری ئاسمان ون بو • جارێ تر ئەو پێنج فەرزەی بۆ کردەوە بە ئیمامەت لە کۆتایی وەختەکانەوە : نیوەڕۆ لە پێش داهاتنی عەسرا ؛ وە نوێژی عەسر لە پێش زەردەی رۆژ لە پێش ئاوابوونیا ؛ وە مەغریب لە پاش ئاوابوونی رۆژ لە نزیکی ون‌بوونی رووناکی کەناری ئاسمانا ، وە نوێژی عیشا لە پێش دەرکەوتنی بەیاندا • وە فەرمووی بە حەزرەت : کاتی بەجێهێنانی ئەم پێنج فەرزە لە بەینی ئەو دوو کاتەدایە کە من نوێژەکانم کرد بۆ تۆ بە ئیمامەت •

هەروا لە سبەینێی شەوی میعراجدا حەزرەت ـ د ـ ئەم رووداوی ئیسراو میعراجیە گێڕایەوە لە ناو خەڵکاو کافرەکان گەلێ گاڵتەیان پێ کردو بازێ لە موسوڵمانە ئیمانکزەکان لە دین وەرگەڕانەوە • کافرەکان رۆیشتن ئەم باسەیان بۆ ئەبوبەکر گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : مادام ئەو قسەی فەرمووبێ من بێ‌گومان باوەڕی پێ ئەکەم‌و ئەم رووداوە بۆ خودای تەوانا قیمەتی نیە ، وە لەبەر ئەمەیە بە ئەبوبەکر وتراوە (صدّيق) ـ د ـ •



پاکی‌و بڵندی بۆ ئەو خودایە
چەنها موعجیزەی بەرزی لە لایە
یەکەم موعجیزەی ئەمەیە نابوود
بە هێزی خواستی رووی کردە وجوود
عەرزو عاسمان چەن ملیار ئەختەر
لەسەر خواستی ئەو سەریان خستە دەر
هەریەك بە جۆرێ کەوتە پەلەپەل
رام بوو بۆ هێزی خوای (عز وجل)
هەروا چی هەیە لە کان . لە گیا ؛
لە گیانلەبەران لەسەر رووی دنیا ؛
هەم لەو شتانە کە بێ گیانن
بێ هۆش‌و فامو دوور لە بەیانن
هەموو تەسبیحات ئەکەن پەلەپەل
بۆ تەوانایی خوای (عز وجل)



ئەوەی ئادەمی هێنا بۆ بسات
کردی بە خاوەن دادو دەسەڵات
کردی بە خاوەن بۆ عیلمو عیرفان
کردی بە خاوەن بۆ خولکی جوان
پیشەی نیشان دا بۆ ماوەی ژیان
ریشەی داکوتان بە دڵو بە گیان
بە مەعنەویاتی رۆحی مونەووەر
چەن کەسی لەوان دانا بە رەهبەر
لە ئادەمەوە هەتا بە خاتەم
بوون بە هۆی نووری نەتەوەی ئادەم
هەرکام بە بازێ سیڕی موعجیزات
سەربەرزی کردن لەسەر رووی بسات
پاکیو بێ عەیبی بۆ زاتی ئەوە
عالەم پڕتەوی لە خواستی ئەوە

★ ★ ★

کەشتی نیشان دا بە نوحی رەهبەر
کافری فەوتان بۆ ئەو سەراسەر
بۆ هودو صالح دنیای کرد بە تۆز
بەدناوی ئەوان رۆیی هۆزاو هۆز
(اصحاب الایکە)ی شوعەیبی سووتان
بە سەمومی گەرم ئەو گەلەی فەوتان
ئاگری گەرمی هاو وێنەی جەحیم
کردی بە ساردو لە بۆ ئیبراهیم

یۆسوی لە (چا)وە کرد بە پادشا
بوو بە جیلوەگای خاوەن تەماشا
بە داری وشکی موسای کوڕ عیمران
فەوتاندی جادووی کۆڕی ساحیران
عیسای کرد بە هۆی سەیری سەربسات
زیندووی کردەوە چەنها لە ئەموات
محەمەدی کرد بە رەهبەری عام
گەلێ عەوامی بۆ کرد بە عەللام
بەرزی کردەوە بۆ عەرشی ئەعلا
بۆ موناجاتی خودای تەعالا
قورئانی بۆ نارد بۆ ئەم دنیایە
ببێ بە رەهبەر هەتا هەتایە
من بم بە فیدات ئەی نووری رەهبەر
کام موعجیزەی تۆ بێنم بۆ دەفتەر ؟
موعجیزەی پاکیو دڵسافیو راسیت ؟
یاخود موعجیزەی ڕێی خوداناسیت ؟
موعجیزەی صەبرت لە بەدکاری عام ؟
یاخود ئازاری ئەشراری نەفام ؟
موعجیزەی عەفوت لەگەڵ قودرەتا ؟
خۆ کەم کردنت لەگەڵ هەیبەتا ؟
موعجیزەی دەستو دەهەندەی بەرزت ؟
موعجیزەی رۆژووی سوننەتو فەرزت ؟
موعجیزەی شەونوێژ بە درێژی شەوان ؟
لەگەڵ ئایاتی قورئانی رەوان ؟

ئەم ئەحوالآنە نالێم عاداتن
وەها تۆ کردت لە موعجیزاتن
بێ عەیبە خودای تەواناى ئەکبەر
وەها بۆ عالەم تۆی کرد بە رەهبەر

★ ★ ★

ئەوەی بفامێ جازیبەی قودسی
پەستە لە لایا سەرلەوحەی کورسی
جازیبەی فەیضی خودای تەعالا
محەمەدی برد بۆ پایەی ئەعلا
یانی محەمەد نوورە پڕتەوە
هەتاوی رۆژە رووناکی شەوە
پڕتەو بێ فەرقە : لە سەر بێتە خوارێ
یاخود سەرکەوێ بۆ چەرخی ئەنوار
چەن جار فریشتە جوبریلی ئەمین
بە (کن فیکون) هاتە سەرزەمین
چی ئەبێ جارێ رەهبەری ئەکرەم
سەرکەوێ بۆ سەر مەوکەبەی عالەم
ئەوەی ئەبینێ مادە بە قورسی
نازانێ مەعنای جازیبەی قودسی
بەخشینی خوایە ئەم پایە بەرزە
حورمەتگرتنی لەسەرمان فەرزە
ئەی پێغەمەری سەروەری سەردار
ئەی پێغەمەری رەهبەری نازدار

ئەی پێغەمەری بێ غەم لە دنیا
دڵبەندی خوداو مەرتەبەی عولیا
ئەی پێغەمەری خاوەن تەختو تاج
خەڵاتکراوی شەوەکەی میعراج
ئەی پێغەمەری تاکی ئەصفیا
پێشەوای بەرزی پاکی ئەنبیا
ئەی پێغەمەری دڵسۆزی پاکان
چرای هەڵکراو بۆ دڵڕووناکان
مادام ئەو خودای خەبیرو بەصیر
تۆی کرد بە چراو سیراجی مونیر
بە جیلوەی نووری سەیاری بەرزت
بە شێوەی سیمای سافی سەرعەرزت
لا بکەردوە بە کەردم لێمان
پرتەوی نوورت دەر بخە بۆمان
هەتا رزگار بین لە شەوی تاریك
نەێین بە لادا لە رێگەی باریك
بەڵکو بە فەیضی ئەنواری ئەحمەد
بگەین بە پایەی پیرۆزی سەرمەد
(نامی) وەربگرێ نامەی رزگاری
بۆ دینو بۆ ژین بە بەختیاری



★ (وآتَيْنا موسى الْكِتابَ وجَعَلْناهُ هُدىً لِبَني إسْرائِيلَ) ★

وەکو حەزرەتی محەمەدمان خەڵات کرد بە قورئانی پیرۆزو بە شەورەوی لە کەعبەوە بۆ (بیت المقدس) وەها لە کاتی خۆیا خەڵاتی موسامان کرد بە کتێبی تەورات ، وە موسا ، یا ئەو کتێبەمان کرد بە هۆی هیدایەتو شارەزایی بەنیئیسرائیل بۆ دەرچوون لە تاریکستانی نەفامیو نەزانی بۆ رووناکی فامو زانستو خوداپەرستیو دەرچوون لە پەستی خودپەرستی لەسەر بناغەی حەقخواهی •

★ (الاّ تَتَّخِذُوا مِنْ دونِي وكِيلاً (٢) ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنا مَعَ نوحٍ) ★

وە لەسەر مەرجی ئەمە کە پێمان راگەیاندن بێجگە لە من کەس مەگرن بە پاڵو پشتی خۆتانو ئیعتیماد لەسەر غەیری خودا مەدەن ئەی نەتەوەی کەسانێ کە هەڵمگرتن لە ناو کەشتیدا لەگەڵ حەزرەتی نوحدا وە بۆ ئەوەیش خەڵاتی ئەومان کرد بەو صنعەتە پێمان نیشان داو بەو کەشتیە کە بە چاودێری ئێمە دروستی کردو پەیڕەوەکانی ئەومان رزگار کردو دوژمنەکانیشمان گرفتار کرد •

★ (إنَّهُ كانَ عَبْداً شَكوراً) (٣) ★

چونکی بە راستی نوح بەندەیەکی سوپاس‌گوزار بوو ئەیتوانی لە بەرانبەری نیعمەتەکانی خوداوە خذمەت بکا ، بە کورتی ئەنجامی ئەم خەڵاتو خێراتەو غایەمان لەم هەموو ئایەتەدا کە ناردمانن بۆ ئادەمیزاد بە واسیطەی پێغەمەرەکانەوە ئەمە بو بەندەیی بۆ خودا بکەنو بەس وتاری نازداری لا اله الا الله وتوویرەی دڵو زمانیان بێ •

★ (وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوّاً كَبِيراً) (٤) ★

وە وەحیمان کرد بۆ لای پێغەمەری بەنیئیسرائیل لە تەوراتا کە : ئەی نەتەوەی ئیسرائیل ئێوە قەومێکی سەرکێشن‌و بە راستی دوو جار لەسەر زەویدا ئەگەن بە لادان لە ئەحکامی تەوراتو ، بلاوکردنەوەی خوڵك‌و رەوشتی خراپ لەسەر بساتو فەرامۆشکردنی پەیمانی بیرو باوەڕو ئیمانو دەست بردن بۆ کوشتن‌و ئازاردانی پێغەمەرەکان وەکو کوشتنی زەکەریاو یەحیاو قەسدی کوشتنی عیسا (د) •

★ (فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ أُولَاهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَاداً لَنَا أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا خِلَالَ الدِّيَارِ وَكَانَ وَعْداً مَفْعُولاً) (٥) ★

جا کاتێ وادەی پاداش‌و تۆڵەی ئیفسادی جاری یەکەمتان هات حەوالەمان کرد بۆ سەرتان سوپایەکی بێ‌شەرم‌و شۆی خاوەن چەکی بەهێزو هێرشیان هێنایە سەرتان لە ناوەقتاو بەرانگاریتان پێ‌نەکرا ، ئەوانیش وەکو ئاگری رۆژی رەشەبا گەڕان بە ناو هەموو وڵاتاو هەموو قوژبنێکیان پشکنی‌و ئەوەی ئارەزوویان بوو کردیان بە کوشتن‌و ، خوێن‌ڕشتن‌و ؛ ناموس‌بردن‌و دارایی بەتاڵان‌بردن‌و ، وێرانکردنی عیبادەتخانەکان‌و شێواندنی خانەدانەکان‌و ؛ سووککردنی پیاوە بە حورمەتەکان ••• وە بە راستی سزاو تۆڵەسەندنەوە لە بەنیئیسرائیل وادەیەکی وەها بوو پێویست بوو بەجێ‌بێت ؛ چونکی ئیرادەی خودای تەعالای لەسەر دەرچوو بو •

★ (ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَامْدَدْنَاكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيراً) (٦) ★

پاش ئەم سزاو تۆڵەیە قاری ئێمە نیشتەوەو میهرەبانیو رەحمەتمان رووی تێکردنو چاککردنی ئەخلاقو خوومان پێدانو مەیدانی زانیاریو پیشەی بۆ گوشاد کردنەوەو . نیفاقو جیاوازیم لە ناوتانا کەم کردەوە بەم نەوعــە هەموویانەوە مەعناویاتم بەهێز کردنو دەوڵەتو غەڵەبەو هێزم پێدانەوە بەسەر دوژمنەکاناو یارمەتیم دان بە داراییو گۆڕانێکی پاڵەوانی دڵ ئەستوورو نەترس وە لەوەپێش زۆرتر سوپای جەنگم بۆ ئامادەکردنو ئێوەم زاڵکرد بەسەر دوژمنەکاناو جێگەی خۆتان وەرگرتەوە •

★ (إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا) ★

ئێوە تا باش بوون ئێمە باشمان بۆ کردنو کاتێ بەدکارو خراپ بوون خراپ سوعالەم لەگەڵا کردن ، ئەمە مەعنای وایە ئێوە ئەگەر بیرو باوەڕو کردەوەی خۆتان باش بکەن ئــەوە بۆ خۆتانی باش ئەکەن : وە ئەگەر خراپیان بکەن هەر بۆ زیانی خۆتان خراپی ئەکەن . هەر کەس لەســەر کاری خۆی پاداش وەرئەگرێو خودا خاوەن دادەو دنیا دادگایە هەنـا رۆژی قیامەت ئەوسایش خودا ئاگایە •

★ (فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيراً) (٧) ★

جا کاتێ کە وادەی هاتنی تۆڵــەی خراپەکاری دووهەمتان هـــات

سوپایێ له وێنه‌ی سوپا چاره‌سیا نامه‌رده دڵبه‌رده پێشوه‌کاتتان بۆ حه‌واڵه ئه‌که‌مه‌وه بێنه سه‌رتان هه‌تا واتان لێ بکه‌ن ناوچاواتتان گرژو تاریك‌و په‌شێو بکه‌نه‌وه . واته ئه‌وه‌نده ئازارتان بده‌ن هه‌رچی نیشانه‌ی رووناکی بێ له روخسارتانا نه‌مێنێ ـ په‌نا به خودا ـ وه هه‌تا بڕۆنه‌وه ناو مزگه‌وته گه‌وره‌که‌تانه‌وه بـه ئیفسادو ئازاردان‌و به‌ست شکاندن‌و گرتن‌و کوشتن وه‌کو جاری پێشوو چوونه ناوی ، وه هه‌تا به هیلاکدا به‌ن ئه‌وه‌ی به‌سه‌ریا زاڵ ببن به ئاره‌زووی خۆیان ؛ چونکی جه‌زای جه‌فاکردن به قه‌ی ئـه‌و جه‌فایه‌تانێ . وه پاداش له‌سه‌ر شێوه‌ی کرده‌وه‌یه •

★ (عسى رَبُّكُمْ أنْ يَرْحَمَكُمْ) ★

رجا وه‌هایه که په‌روه‌ردگاری ئێـوه ره‌حمتـان پێ بکاو ئێوه‌یش ئه‌مجار له‌و کرده‌وه ناپه‌سه‌نده پێشووانه په‌شیمان ببنه‌وه دووباره وه‌کو ریشه‌یێ ورده لق ده‌ربکا بژێینه‌وه‌و بڕوێنه‌وه •

★ (وإنْ عُدْتُمْ عُدْنا) ★

وه ئه‌گه‌ر پاش ئه‌م جاری دووهه‌مه که ژیانه‌وه گه‌ڕانه‌وه بۆ سـه‌ر ناباری‌و ناهه‌مواریه‌کاتان‌و ده‌ستان کرد به ئیفساد له جیهان‌او بوون بـه مایـه‌ی ئاشووب‌و فیتنه‌ی دنیـا ئێمه‌یش ئه‌گه‌ڕێینه‌وه بۆ سـه‌ر یاساکه‌ی خۆمان که ئه‌وه‌یه ئاو ئه‌که‌ین به‌سه‌ر ئاگراو ئاگر به‌رئه‌ده‌ین لـه داری بێ‌سایه‌و بێ به‌راو قاری خۆمان ئه‌ڕژێنین به‌سه‌ر هه‌ر که‌سێکا ناپاك بێ ئه‌ناو به‌شه‌را •

جا لەم شوێنەدا بزانن !

خودای تەعالا وا لە بەرچاوتانا فەرمووی : ئەی بەنی‌ئیسرائیل دوو جار ئیفسادتان کرد لە دنیاداو من تۆڵەی هەردوو جارەکەم لێ سەندنەوە ؛ وە بۆ جاری سێهەم ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر خراپەکاری‌و ئاشووب‌نانەوە منیش وەکو جارە پێشوەکان لێتان ئەدەمەوە •

ئوممەتی بەنی‌ئیسرائیل لــە نەتەوەی دوازدە کوڕەکەی حەزرەتی یەعقووبن ؛ چونکی ئیسرائیل یانی عەبدوڵلاو لەقەبی یەعقووب بوە • وە ئەم نەتەوەیە •

وە لە ئەوەڵەوە لە تەفسیری سوورەتی (بقرە)دا بــۆم باس‌کردن ئەمانە پێنج دەوریان بوە •

یەکەم لەو رۆژەوە کە حەزرەتی یەعقووب‌و کوڕەکانی بــە فەرمانی یوسف هاتن لــە کەنعانەوە بۆ میصرو لــەو کاتەدا حەفتاو حەوت کەس بوون ، وە ئــەم کاتــە تەئریخی هەزارو نۆصەدو نــەوەدو شــەشی پێش لەدایك‌بوونی عیسا بو (د) •

وە دەوری دووهەمیان دەست پێ ئەکا لە هەزارو شەش‌صەدو چل‌و پێنج ساڵی پێش میلاد هەتا هەزارو هەشتای پێش میلاد ، کە ئەکاتە پێنج صەدو شەست‌و پێنج ساڵ ، وە لەم ماوەدا بەنی ئیسرائیل زۆربەی کاتیان تەواو کرد لە جەنگکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا وە دامەزران لــە خاکی کەنعان وە لە فەلەستینداو هێرشی دوژمن تەفرو تووناو نەکردن •

وە لە دەوری سێهەمدا لە تەئریخی هەزارو هەشتای پێش میلاد هەتا پێنج صەدو سی‌و شەشی پێش میلاد کە دەوری حوکومەتی (قضاة) بو

که‌وتنه په‌ریشانیه‌وه‌و دراوسێکانیان ته‌ماعیان تێ‌کردن جا داوایان کرد له (بنی اشمه‌ویل)داوا بکات له خودا پاشایان بۆ بنێرێ ، ئه‌ویش طالوتی بۆ کردن به پاشا . وه له‌م چه‌رخه‌دا داود که‌وته رو ، وه جالوت ناو پاشای عه‌مالیقه‌کانی کوشت‌و به‌نی‌ئیسرائیل سه‌رکه‌وتن تا زه‌مانی داودو سوله‌یمان ته‌واو بو هه‌ر به‌رز ئه‌بوونه‌وه ، وه پاش سوله‌یمان به‌نی ئیسرائیل بوون به دوو به‌ش . به‌شێکیان له ژێر فه‌رمانی (ره‌حه‌بعام) کوڕی سوله‌یمان . وه به‌شێکیان پێك‌هات له ده قه‌بیله‌که‌ی ترو له ژێر فه‌رمانی (جه‌یرحبعام) کوڕی (ناباد) ناوا بوون ، وه له‌م رۆژی دووبه‌شیه‌وه که‌وتنه ناو نه‌گبه‌ت‌و په‌ریشانیه‌وه . وه (سه‌لمانازاری) ئاشووری به سوپایه‌کی زۆره‌وه هێرشی برد بۆ سه‌ر به‌شی به‌نی‌ئیسرائیل‌و ولاته‌که‌ی وێران‌کردن‌و گه‌لێ پیاوی به دیل بردن بۆ ولاتی موصل ، وه ته‌نیا ولاتی یه‌هودا به ساغی مایه‌وه . وه حوکمی یه‌هود که‌وته ده‌ستی (یراقیم) ناو ، وه له‌گه‌ڵ به‌خته‌نه‌صری بابلیدا که‌وته جه‌نگه‌وه‌و به دیل که‌وته ده‌ستی به‌خته‌نه‌صر ، پاش ماوه‌یێ له دیل رزگار بو هاته‌وه بۆ خاکی یه‌هوداو دووباره له‌گه‌ڵ به‌خته‌نه‌صرا که‌وته‌وه جـه‌نگ . ئه‌مجاره به‌خته‌نه‌صر هات بـه جارێ ولاتی یه‌هوداو (بیت المقدس)و قودس هه‌مووی وێران کرد ، وه به‌نی‌ئیسرائیل به دیلی که‌وته ده‌ستی به‌خته‌نه‌صر ، وه ئـه‌م رووداوه لـه مێژووی پێنج‌صه‌دو هه‌شتاو حه‌وتی میلادی عیسادا بو .

جا پاش ماوه‌یێ ئه‌م ته‌ئریخه (کۆرش) گه‌وره‌ی فارس ولاتی بابلی داگیر کردو ئیسرائیل له دیل رزگار بوون‌و گه‌ڕانه‌وه بۆ فه‌له‌ستین لـه ته‌ئریخی پێنج‌صه‌دو سی‌و شه‌شی پێش میلادی عیسادا بوو ـ د ـ .

لـه‌م ته‌ئریخه‌وه بـه‌نی ئیسرائیل ژیانه‌وه بـه‌لام لـه ژێر ئیداره‌ی فارسیدا ، هه‌روا ده‌وامیان کرد هه‌تا ئه‌سکه‌نده‌ری مه‌قدوونی لـه سالی

سێصەدو بیستی پێش میلادا فەلەستینی داگرت بەڵام یاسای وڵاتی هێشتەوە بە نیمچە ئازادی وەکو خۆی •

وە لە ساڵی سێصەدی پێش میلادا (سلوکیس تیکاتور سوریائی) وڵاتی ئیسرائیلی داگیر کرد ، وە لە ساڵی صەدو سیو پێنج پاش میلاد (ئەدەریان) پاشای رۆمان بە سوپایەکی گەورەوە هات بۆ سەر یەهوودو قودسو (بیت المقدس)ی وێران کردو زۆری خەڵکەکەی کوشتو زۆری بە دیل گرتن •

پاش ئەم رووداوە یەهوود بڵاوبوونەوە بە جیهاناو هێزو حوکوومەتیان نەما ، جا ئیتر مەبەست لە جاری یەکەم لە ئایەتەکەدا واقیعەی سەلمانازاری ئاشووری بووبێ یا واقیعەی بەختەنەصر ، وە لە جاری دووهەمدا واقیعەی بەختەنەصر بووبێ ، یاخود هێرشی (ئەدەریان) ئەم دوو رووداوە گەورە بەسەر بەنیئیسرائیلدا! هاتو خودایش هەڕەشەیان لێ ئەکا ئەڵێ : ئەگەر جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سەر شەڕو خراپەکاری لە جیهانا منیش ئەگەڕێمەوە بۆ سەر وێرانکردنی وڵاتەکەتان ، وە لە کاتی نازلبوونی ئەو ئایەتەوە هەتا مێژووی نۆصەدو چلو هەشتی میلادی یەهوودیەکان بڵاوەیان کردبو لە جیهانا ، بەڵام لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمەوە مێژووی هەزارو نۆصەدو چواردە وەعدەیان لە (بلفور) وەرگرت کە لە پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی لە عەرزی فەلەستینا حوکوومەتیان بۆ دامەزرێنێ ، وە فیعلەن لە پاش ئەو جەنگە وە لە مێژووی ناوبراوا حوکوومەتی بۆ دامەزراندنو وڵاتە گەورەکان دانیان نا بەو حوکوومەتەدا ، وە لەو رۆژەوە تا ئێستە کە مێژووی هەزارو نۆصەدو حەفتاو هەشتە موسوڵمانانی وڵاتی فەلەستین پەرێشاننو زۆربەیان کوژرانو گەلێکیان بڵاوەیان کرد بە جیهانا ، وە ئەو فیتنەی یەهوودە دەوام ئەکا لە وڵاتی رۆژهەڵاتی

ناودراستا . وە ئەو تەرتە کە خودا فەرموویەتی (وان عدتم) هاتەجیێ ئێمەیش چاودڕێی جەزاکە ئەکەین کە فەرموویەتی (عدنا) . جا بزانین کەی دێتە جێگە !

وە لە لایەکی تریشەوە پێغەمەر ـدـ خەبەری داوە کە بە حەتمی ئەبێ لە پێش هاتنی قیامەتا موسوڵمانان جەنگ بکەن لەگەڵ یەهوودا ، وە ئەبێ یەهوود بشکێنڕو لەناو بچن ئەمەیش هەروا لە عیلمی خودادا کە لە چ رۆژێکدا ئەبێ .

وە ئەگەر پرسیار بکەن چۆن ئەم سەرکەوتنی یەهوودە رێك ئەکەوێ لەگەڵ ئایەتی ئیستیمراری داماوی‌و زەلیلی بۆ قەومی‌یەهوودا ؟ وە ئیستە ئەوان ئەوەندە بەهێزو خاوەن چەك‌و دەستەلاتن ؟

وەلامەکەی ئەوەیە خودا فەرموویەتی : (الا بحبل من الله وحبل من الناس) وە ئەم موستەثنایە مەبەس لە یەکەمیان ماوەیێ بوە کە لە ژێر ئەمان‌و ریعایەتی ئیسلامدا بوون‌و سەرانەیان داوەو تەماشای مافیان کراوە وەکو مەعلوومە لای ئەوانە کە ئاگایان لە مێژووی ئیسلامە .

وە مەبەس لە موستەثنای دووهەمیان یارمەتی‌و موساعەدەی ئادەمیزادی کافرەکانە وەکو ئیستە کە وان لە چاودێری ئەمەریکاو بەریطانیادا وە ئەگەر ئەوان وازیان لێ بێنن یەهوود سالێ دەوام ناکەن .



★ (وجَعَلْنا جَهَنَّمَ لِلْكافِرِينَ حَصِيراً) (٨) ★

ئەم جۆرە سزادانە کە باسمان کرد بۆ دنیایەو بۆ رۆژی قیامەتیش دۆزەخمان کردوە بە شووراییێ‌و بە دیوارێ کە هەموو کەس لەوان دائەگرێ‌و کەس ناتوانێ لەو شووراو دیوارە بڕواتە دەرەوە .

وە دەرئەکەوێ لـە کۆتایی هێنانی ئەم باسەوە بەم ئایەتە کـە ئەم رووداوانی سزای گەلی یەهوودە زۆر نزیکە لە داهاتنی قیامەتەوە ، هەروا ئەو فەرموودەیش کە حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا اليهود) ئەویش هەر ئیشارەتە بە نزیکی لە قیامەتەوە ، وە فیعلەن ئەو عەلامەتانە کە دانراون بۆ هاتنی رۆژی قیامەت گەلێکیان لەم چەرخی ئێمەدا هاتوونەتە جێ •

★ (إِنَّ هذا القُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ) ★

بزانن بە راستی ئەم قورئانە کە رەوانەکراوە بۆ پێغەمەری ئاخرزەمان هۆشیاران شارەزا ئەکا بۆ یاساو نیظامێ کە راستترینی هەمو یاسایەکە ، وە یا راستترە لە هەموو یاسایەك کە ئادەمیزاد خۆیان دای‌بنێن بۆ خۆیان •

یەکەم : بانگتان ئەکا بۆ باوەڕکردن بە پەروەردگارێکی تاکی پاکی خاوەن صیفاتێ کە پاكو خاوێنە لە صیفاتی نوقسان •

دووهەم : بۆ ئەوە کە هەمیشە ئامادە بن بۆ بەجێهێنانی ئەحکامی دین بە نەوعێ کە نیشانەی دینداریو ئیسلامیەت لە وجوودی ئینسانا دیار بێ •

سێهەم : بۆ فەرمانبەرداری پێغەمەری خودا لە هەموو ئەمرو نەهیو سەلبو ئیجابێکدا •

چوارەم : بۆ فەرمانبەرداری خاوەن فەرمانەکانی عالەمی ئیسلامیەت •

پێنجەم : بۆ خوێندەواریو پیشەکاریو کارکردنو ئاوەدان کردنەوەی ولات بـە هەموو جۆرێك لە دەستەلاتا بێ ، وەها کـە داراییو ژیواری موناسب دەست بکەوێ ، وە بۆ بەرگری لە دوژمنانی ولات بە جۆرێ کە لەبەر دەستی دوژمنانی دینا کزو داماو نەکەون •

شه‌شه‌م : بۆ دادگه‌ری له ئه‌حکاما بۆ ئه‌وه که حه‌قی هیچ خاوه‌ن حه‌قێ نه‌فه‌وتێ‌و که‌رامه‌تی هیچ ئینسانێ زایه نه‌بێ •

حه‌وته‌م : بۆ چاودێری سیله‌ی ره‌حم‌و ته‌ماشای خزم‌و خوێش به تایبه‌تی به گوێره‌ی توانا •

هه‌شته‌م : بۆ دڵسۆزی‌کردن بۆ هه‌موو ئینسانێک له حودوودو سنووری یاسای دینا هه‌تا کۆمه‌ڵێکی رێك‌و پێك‌و پاك دروست ببێ •

نۆهه‌م : بۆ یه‌كدڵی‌و یه‌ك نیشانه‌یی به جۆرێ به گوێره‌ی توانا ئاژاوه‌و ئاشووب له وڵاتا نه‌مێنێ •

ده‌هه‌م : بۆ راوێژکردن له هه‌ر کارێکدا که خاوه‌ن نرخ بێ هه‌ر له دانانی سه‌رۆکی هه‌موو موسوڵمانانه‌وه هه‌تا سه‌رۆکی هه‌ر دائیره‌یێ بۆ ئه‌وه هه‌ر که‌سێ هه‌ر کارێ درایه ده‌ستی باش به‌جێی بێنێ • وه کتێبێ به‌م جۆره بێ به راستی چرای دڵ‌و ده‌روونی ئینسانه‌و مایه‌ی رزگاری هه‌ردو جیهانه •

★ (ويُبَشِّرُ المُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلونَ الصَّالِحاتِ أنَّ لَهُمْ أجْراً كَبِيراً) (٩) ★

وه له جه‌زای کرده‌وه‌دا ئه‌م قورئانه موژده ئه‌دا به‌و موسوڵمانانه که ئاثاری باشیان لێ په‌یدا ئه‌بێ‌و کرده‌وه‌ی چاك ئه‌که‌ن به‌وه که له لای خوداوه پاداش‌و پایه‌و مایه‌یه‌کی گه‌وره‌یان هه‌یه له پاشه‌ڕۆژا •

★ (وأنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنونَ بِالآخِرَةِ أعْتَدْنا لَهُمْ عَذاباً ألِيماً) (١٠) ★

وه ئه‌و که‌سانه‌یش که ئیمانیان نیه‌و باوه‌ڕ به رۆژی قیامه‌ت ناکه‌ن

بۆمان ئامادە کردوون سزاو تۆڵەیەکی بە ئێش‌و ئازار • جا ئەو کەسانە کە هۆشیارن با تێکۆشن لە بیرو باوەڕی باش‌و کردەوەی جوانا بۆ ئەوە کە لە رۆژی قیامەتا سەربەرزو سەرفەراز بن •

★ (ويَدْعُ الإنْسانُ بِالشَّرِّ دُعاءَهُ بِالخَيْرِ وكانَ الإنْسَانُ عَجُولاً) (١١) ★

ئادەمیزاد ئەوەندە خۆنەگرو بێئارامە دۆعای شەڕ لە خۆی‌و لە کەس‌و کاری‌و ئەولادی ئەکا لە کاتی نەهاتیدا وەکو چۆن دۆعا ئەکا بۆ فەڕو پیرۆزی ، بە راستی ئادەمیزاد بە تالووکەو بێ ئارامە ، وە ئەگەر ئارام بوایە خۆی ئەگرت هەتا لەو تەنگو چەڵەمە رزگار ئەبو ؛ چونکی جیهان گوشادو پانەو گەلێ رووداوی جیاوازی تێدا دێتە جێ •

★ (وجَعَلْنا اللَّيْلَ والنَّهارَ آيَتَيْنِ) ★

وە ئێمە وەکو شوێنەوارمان داناوە بۆ ئارامگرتنی گیانلەبەران وەها شەوو رۆژیشمان کردوە بە دوو نیشانە لە سەر وجوودی خۆمان ؛ وە بە کات بۆ ئەوە ژیواری خۆیان بەجی بێنن ؛ وە ئاسایشیش بکەن •

★ (فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وجَعَلْنا آيَةَ النَّهارِ مُبْصِرَةً) ★

وە بۆ پێکهاتنی ئەم ئەنجامانە هاتین نیشانەی یەکەم لە نیشانەکانی دەستەڵاتی خۆمانم تاریك‌و بێشەوق کرد ، وە نیشانەی دووهەمیانم بە پرتەوی عالەمگیری رۆژ رووناك کردەوەو کردم بە شتێکی بینەر •

★ (لِتَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ ولِتَعْلَموا عَدَدَ السِّنِينَ والحِسَابَ) ★

وە بۆ ئەوە کە لە مادەی پرتەودار رۆزی‌و ژیواری خۆتان لە

کەردمی خوداود دەردەست بکەنو لە ماوەی بێشەوقەکەیاندا ئاسایش بکەنو ئارام بگرنو بە جیاوازی ئەم نیشانەی دووهەمە لە نیشانەی یەکەم دوو ماوەی شەوو رۆژتان بۆ تەواو ببێ ، وە کاتی حەفتەو مانگو ساڵ پێك بێن . وە ئێوەیش بـە راگرتنی ئەمانە ژمارەی ساڵەکانو مانگەکان بزانن . لە حسێبی ماوەی کارو کاسبیو کرێکاریو خوێندەواریو ماوەی کشتو کاڵو چۆداریو قەرزو مامەڵەی خۆتان بە راستی بزاننو خۆتان لە زیان دوور بکەنەوە •

★ (وكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً) (١٢) ★

وە هەر شتێ پێویستتان پێی ببێ لە ئەحواڵی دینیو دنیایی تەفصیلم داوە بۆتانو بۆم روون کردوونەتەوە •

★ (وكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ) ★

وە هـەر یەکێ لـە ئادەمیزادی هۆشیار کردەوەی چاکـەو خراپەی خۆیان بەستوە بـە زانستو خواستو تەوانایی خۆیەوەو لەسەر ئـەو هاتوچۆی خۆیە ئەو کردەوانەمان بۆ بەجێ هێناوەو دامان ناوە لەگەردنی خـۆیا •

★ (وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنْشُوراً) (١٣) ★

وە لە رۆژی قیامەتا لە کاتی حسێبکردنی کردەوەدا کتێبێکی تایبەتی کـە پڕکراوەتەوە بـەو کردەوانە بۆی دەرئەکەین لـە لایـەنی فریشـتە ددفتەردارەکانەوەو هـەر کەسێ ئەگا بەو کتێبی خۆیە بـە بڵاویو بـە تەواوی . بە بێ ئەوە کەمتر کردەوەییو کەمتر وتاریو کەمتر بیرو باوەڕێ ون بکا •

بزانن ! ناوبردنی کردەوەو بیرو باوەڕی کەسب‌کراو بە (طائر) کە لە زماندا پەلەوەرە لەسەر ئەو ئەساسەیە ئەم بیرو باوەڕو کردەوانە هەموو وان لە عیلمی خوداداو لە عالەمی غەیبداو هەر خودا زانیویەتی‌و ئەزانێ کە ئادەمیزاد زانست‌و خواست‌و تەوانایی خۆی بۆچی صەرف ئەکاو چی ئەوێ هەتا خودا بۆی دروست بکا ، جا لەبەر ئەمە هەموو ئەم ڕووداوانە وەکو پەلەوەرێکن کە لە ئاسمانەوە دابارن بەسەر ئینسانا •

وە بازێ ئەڵێن : لەسەر ئەو ئەساسەیە عەرەب وەختی خۆی کاتێ کە ئەڕۆیشتن بۆ کارێ (تفاؤل)و (تشاؤم)یان ئەکرد بە پەلەوەرێ کە لەو کاتەدا هەڵئەفڕی وە یا دەنگێکی لێ پەیدا ئەبوو ، جا بەم بۆنەوە ناوی کردەوەکان چاك‌و خراپ ، بە طائیر براوە بە عەلاقەی موجاوەرە بە شێوەی مەجاز •

وە سیرێ‌ئەوە کە ئەو کردەوانەی بە وێنەی گەردنبەند (ملەوانە) داناوە ئەمەیە : هەر هۆشیارێ هەر بیرێ‌و هەر کارێ چاك یا خراپ بکا لەسەر موناسەبەی ئەوە ڕووناکیەك یا تۆزو تاریکی لە دڵیا پەیدا ئەبێ‌و نیشانەی ئەوانەیش لە سیمای ناوچاوانیا دەرئەکەوێ بۆ ئەوانە کە خاوەن فەراسەتی ساغن ، وە ئەو شتانە وەکو لازمی ماهیەت‌و شەخسی کابرایان لێ دێ کە جیا نابنەوە لێی وەکو گەردنبەندێکی ئەستوور کە بە زۆری دەستی تەوانا نەبێ لە گەردنی ئینسانەکە نایێتەوە ، وە ئەو شێوەو ئاثارە لە دنیادا باش دەرناکەون بەڵام لە قیامەتا وەکو خەتی نووسراو لەسەر نامە دەرئەکەون‌و ئەخوێنرێنەوە •

★ (إقْرَأْ كِتابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ اليَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيباً) (١٤) ★

وە ئەڵێین بەو کەسە کە ئەو نامەی ڕەفتارەی بۆ دەرئەکەین : ئەو

دەفتەری تایبەتی خۆتە بخوێنەرەوەو لە وەزعی خۆت حاڵی ببە ، وە نەفسی خۆت بەسە بۆ تۆ بە موحاسیب کە حسێبی رەفتارت لەگەڵا بکا ٠

★ (مَنِ اهْتَدى فَإِنَّما يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ، وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّما يَضِلُّ عَلَيْها ولا تَزِرُ وازِرَةٌ أُخْرى ، وما كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً) (١٥) ★

جا مادام هەرکەسێ کردەوەو بیرو باوەڕی خۆی لە گەردنی خۆیدا بێ دەرئەکەوێ ، هەرکەسێ موهتەدی بێو شارەزای رێگەی راست بێو سلووکی باش بێ ئەوە بۆ سوودی نەفسی خۆی ئەبێ ، وە هەر کەسێکیش گومرا بێ ئەوە هەر لەسەر زیانی خۆی گومڕا ئەبێ . وە هیچ کەسێکی بارهەڵگر باری تاوانی کەس هەڵناگرێ ، هەرکەس وا لە ژێر باری خۆیا ، وە هەر چاکەو خراپەیێ کە ئادەمی هۆشیار کردبێتی جەزای بە چاکەو خراپە ئەدرێتەوە بە موناسەبەی بیرو باوەڕو کردەوەی ئەو کەسە ، وە قەت کەسمان سزا نەداوەو کەس سزا نادەین لەسەر کردەوەو بیرو باوەڕی هەتا پێغەمەرێ ئەنێرینو باسی چاکەو خراپەیان بۆ ئەکا ٠

★ (وإذا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيها فَفَسَقُوا فِيها فَحَقَّ عَلَيْها القَوْلُ فَدَمَّرْناها تَدْمِيراً) (١٦) ★

وە کاتێ ویستمان ئاوەدانیەك وێران بکەین فەرمان ئەدەین بە پیاوە گەورە خاوەن رابواردنەکانیان بە ئیطاعەتکردنو ملکەچی بۆ نومایندەکانی دین . وە ئەوانیش دەست ئەکەن بە لادان لە یاسای دین لە وڵاتاو لە ئاوەدانیدا ، جا وتاری ئەمر بە سزا لە لایەنی ئێمەوە دێتە سەریانو شیاوی سزادان ئەبن ، جا ئەو ئاوەدانیە وێران ئەکەینو خەڵکەکەیش لەناو ئەبەین ، یاخود وێلی وڵاتانیان ئەکەین ٠

بزانن ! لـە تەفسیری ئەم ئایەتەوە دەرکەوت کـە مەعنای (امرنا مترفیها) ئەمەیە کە خودا ئەمریان پێ ئەکا بـە ئیطاعەی خودا لـە بیرو باوەڕی پاکو کردەوەی چاك ، وەکو ئەڵێیت : (امرت الخادم فعصاني) واتە : ئەمرم کرد بەو خزمەتکارە کارم بۆ بکا کەچی ئەو نافەرمانی کردم ، ئیتر مەعنای ئەوە نیە کە ئەمرم کرد بە خاوەن دەستەکان فیسقو فوجوور بکەن . چونکی خودای تەعالا ئەمر ناکا بە تاوانو کردەوەی ناهەموار هەروا بەوانەیش رازی نیە •

★ (وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ الْقُرُونِ مِنْ بَعْدِ نُوحٍ ! وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيراً بَصِيراً) (١٧) ★

وە زۆرمان فەوتاندو بەرباد کرد لە ئەهلی قەرنەکان لە پاش حەزرەتی نوح ـدـ لەسـەر ئەساسی نافەرمانیو لادانیان لـە ئیطاعەی رەهبەرانی ئێمـە . وە خـودای تەعـالا بەسـە بۆ ئاگاداریو بینەری بۆ گوناحی عەبدەکانی خۆی •

★ (مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلاهَا مَذْمُوماً مَدْحُوراً) (١٨) ★

هەرکەسێ لـە دنیادا خواستی لەسـەر رابواردنی دنیایەو بەس وە مەبەستی لەسەر خودا پەرستیو دینداری نیـە ئـەوە بۆی بـەجێ دێنین ئەوەی کە خواستمان هەیە پێی بدەین ، ئەویش بۆ سەر هەموو کەس نیە بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ئەمانەوێ ماڵی دنیای پێ بدەین ، ئەگەرنا زۆر کەس هەن لـە دنیاخواهەکان کە نائومێدن لـە هەموو حوقووقێو لـە هەموو خێراتێو لە پاش هاتنی قیامەت دۆزەخی بۆ ئامادە ئەکەین ئەڕواتە ناویەوە بە لۆمەکراوی لە لایێو بە دوورخراوەیی لە رەحمەتو میهرەبانی خودا لە لایێ ترەوە •

★ (ومَنْ أرادَ الآخِـرَةَ وسَعى لَهَـا سَعْيَهَا وهُـوَ مُؤْمِنٌ فَأولئِكَ كانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُوراً) (١٩) ★

وە هەر کەسێ خواستی لە کردەوەی خۆیا دەسکەوتی پاداشی چاك بێ لـە رۆژی قیامەتاو تێکۆشێ لە بەجێهێنانی ئەو کارەدا بە تێکۆشینێ بەسوود بێ بۆ پاشەڕۆژ ، وەلحاڵ خاوەن کردەوەکە خاوەن ئیمان بێ بە شێوەیەکی مەقبووڵ ، ئەوە ئەو کەسانە تێکۆشانەکەیان لە لایەنی خوداوە لێ قەبووڵ ئەکرێ •

کە وابێ هەرکەسێ کردەوەیێ بکا بـە بێ خواستی پاداشی قیامەت وە کۆششەکەیش وا نەبێ کە خێری لێ پەیدا ببێ وەکو (تقرّب) بـە کردەوەی ناشەرعی ، وە یاخود لەگەڵ ئیمانا نەبێ ئەوە کارەکانی پووچ‌و بێ سوود دەرئەچن •

★ (كُلاًّ نُمِدُّ هؤُلاءِ وهؤُلاءِ مِنْ عَطاءِ رَبِّكَ وما كانَ عَطاءُ رَبِّكَ مَحْظوراً) (٢٠) ★

هـەر کام لـەو دوو تاقمە ئادەمیزادە یا لـەم دوو تاقمە موکەلەفانە بەشیان ئەدەین لە بەخشش‌و کەرەمی پەروەردگاری خۆت‌و کەرەمی خوداو دەسندەی ئەو مەممنوع نەکراوەو لە کەس قەدەغە نەکراوە • واتە خودا پەروەردگارەو بە نیسبەتی پەروەردگاری ئەوەوە فەرقی کافرو موسوڵمانی پاك‌و موسوڵمانی تاوانبار نیەو گەلێ جار دارایی ئەڕژێنێ بەسەر کافرێکی بەدڕەوشـتا بـە ئەندازەیێ حسێب ناکـرێ ، وە لـە کۆلانەکاندا گـەلێ موسوڵمان لە داماویدا ئەمرن‌و ، گەلێ کات موسوڵمانێکی باش صەد قاتی کافرەکان دارایی پێ ئەدا •

وەلحاصڵ هۆی ئەمانە دوو شتە :

یەکـەم : ئەسبابی عادەتیە وەکـو عـەقڵو سەلیقەو تێکۆشین لـە تیجارەتو مامەڵەو کشتوکاڵو چۆداریو غـەیری ئەمانە لـە ئەسـبابی ژیوار ، وە ئەم جۆرە ئەسبابە تا ئەندازەیێ وان لە ئیختیاری ئینساندا •

دووهەم : ئەسبابی پەنامەکیە وەکو خواستی خوا بێ لەسەر یاسای زانستو حیکمەتی خۆی ئەمە کەس نایزانێو زانستی ئێمە بەمەدا ناگا •

بەهەر حاڵ ئێمە لەسەرمانە بڕۆین بە رێدا ئیتر کێ ئەگا بە مەنزڵو کێ لە جێدا بەجێ ئەمێنێ وا لە لای خودادا •

★ (انْظُـرْ كَيْفَ فَضَّـلْنا بَعْضَهُمْ علی بَعْضٍ ولَلآخِـرَةُ أكْبَرُ درَجاتٍ وأكْبَرُ تَفْضِيلاً) (٢١) ★

جا بڕوانەو وردبەرەوەو بیر بکەرەوە لە کاری ئێمەدا چلۆن بازێ کەسمان بەرز کردوەتەوە بەسەر بازێکدا لە رۆزیو ژیوارو شانو پایەو ئیعتیباری دنیادا بەسەر بازێ کەسی تردا کە ئەمانە هەموو وان لەبـەر چاوی ئێوەداو گومانیان تێدا نیە ، وە بە راستی رۆژێ قیامەت گەورەترو ماوەدارترە لە هۆی پلەپلەی بەرزیەوە وە گەورەترە لـە هۆی ئیعتیبارو حورمەتو شانو پایەوە لە لای خودای تەعالا •

★ (لا تَجْعَـلْ مـعَ اللهِ إلهـاً آخَـر فَتَقْعُـدَ مَذْموماً مَخْذُولاً) (٢٢) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، وە یا ئەی ئادەمیزادی هۆشیار مادام بە دەلیلی نەقلیو عەقلی حاڵی بووی کە پەروەردگاری عالەم تاقە کەسێکەو هەر ئەو (واجب الوجود)ەو هەر ئەو بۆ عیبادەت ئەشێ • واتە هـەر

ئەو شیاوە بۆ ئەوە بەندەیی بۆ بکرێ ئیتر بە هەموو نەوعێ ئەو بناسەو لەگەڵ ئەودا خوایەکی تر بۆ خۆت قەرار مەدە هەتا لە هەموو ئەسبابێکی راوەستانی کەرامەت‌و شەرافەت دوور بکەویتەوە جا بۆ خۆت گردەنوشین دانیشی بە لۆمەکراوی‌و یارمەتی نەدراوی‌و نەتەویسی لـە لایەنی هەموو کەسێکەوە لەوانە خاوەن پایـەن وەکو خوداو فریشتەی خوداو زانایانی راستەقینە لە جیهانا •

★ (وقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدوا إلاَّ إيَّاهُ وبِالْوالِدَيْنِ إحْساناً) ★

وە خودای تەعالا فەرمانی داوە بە فریشتەکانی ئاسماناو هۆشیارانی جیهانا کە عیبادەت‌و طاعەت مەکەن بۆ ئەو پەروەردگارە تەنیا نەبێ • وە فەرمانی داوە کە کردەوەی چاکە بکەن لەگەڵ باوک‌و دایکتانا بە هەموو جۆرێ •

★ (إمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أحَدُهُما أوْ كِلاهُما فَلا تَقُلْ لَهُما اُفٍّ ولاَ تَنْهَرْهُما وقُلْ لَهُما قوْلاً كَرِيماً (٢٣)
واخْفِضْ لَهُما جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُما
كَما رَبَّيانِي صَغِيراً) (٢٤) ★

جا کاتێ کە باوک‌و دایکتان یەکێکیان یا هەردووکیان گەیشتن بـە تەمەنی پیری‌و ناتەوانایی قەت بەرابەر بەوان واتەی دڵگیری بەکار مەهێنن هەرچەن بە کەمتر پایەو مایە بێ ، وەکو : ئۆف لە دەستی باوکم ، ئۆف لە دەستی دایکم •• وە قەت بەرابەر بە دڵخوازێکی مەشرووعی ئـەوان مەنعکردن دەرمەبڕن‌و زەجریان مەکەن ، داوای ئاو ، یا نان ، یا بەرگ ، یا نوێن ، یا خواردەمەنی ، یا میوە ، یا خەرجی ، یا دیداری دۆست ، یا دیاری بۆ خزم ••• هەرکام لەمانەیان داوا کرد بـە گوێرەی توانا بۆیان

جێبەجێ بکەن ، کە وابو مەبەس لە ئۆف‌نەکردن مەنعی دەربڕینی زویریە لەوان بە کەم یا بە زۆر ، وە مەبەس لە (مەنعی‌نهر) مەنعی دەربڕینی خیلاف‌و سەرپیچی‌یە لــە قسەو فەرمانیان یا بــە درۆخستنەوەیان • وە هەر کاتێ قسەتان لەگەڵدا کردن لە جێگەو ڕێگەدا قسەی خاوەن کەرامەت‌و خاوەن حورمەتیان لەگەڵدا بەکار بێنن •

وە باڵی کزی‌و خۆبەکەمگرتن دا بنەوێنە بۆ باوکـ‌و دایکت لەبــەر دەربڕینی میهرەبانی لەگەڵیاناو دۆعایان بۆ بکەو لە خودا بپاڕێرەوە بۆیان‌و بڵێ : خودایە ! پەروەردگارا ! ڕەحم‌و میهرەبانی بەجێبێنە لەگەڵ باوکـ‌و دایکمدا لە پاداشی چاکەی ئەوان لەگەڵ مندا ، وەکو ئەوان بە میهرەبانی خۆت وات پێکردن کە منیان بــە بچووکی‌و ناتەوانی پەروەردە کرد لــە حاڵێکدا خۆمم نەئەناسی •

وە لەم ئایەتەدا تەشبیهی کزی کراوە بە پەلەوەرێکی سەرمابردوو ، وە یا گــەرما لێدراو ، وە یا پەلەوەرێکی جووجەڵە لەژێراکەوتوو ، وە ئیضافەی (جناح)ی بۆ کراوە تا ببێ بە قەرینەی ئەم تەصەڕوفە کە بــە یاسای (استعارەی مکنیة) بەجێ هاتوە • وە جوملەی (واخفض لهما) کراوە بە تەرشیح‌و جوانکردنی ئەم ئیستیعارەیە •

★ (ربُّكُمْ أعْلَمُ بِما نُفُوسِكُمْ إنْ تَكونُوا صالِحينَ فَإنَّهُ كانَ لِلأَوَّابِينَ غَفُوراً) (٢٥) ★

ئێمە فەرمانمان پێدان لەم ئایەتە پێشووانەدا بە ئیخلاصی عیبادەت بۆ خوداو بە ئیحسان‌و چاکەکردن لەگەڵ باوکـ‌و دایکەکانتانا ، جا کاتێ بە ظاهیر ئەم فەرمانانەتان بەجێ هێنا ئەوە بزانن خودا زاناترە لە هەموو کەس بەوە وا لە دڵتانا ئەگەر ئێوە بۆ خودا صوڵحاوو دڵ‌خاوێن بن لــە

به‌جێهێنانی ئه‌و فه‌رمانانه‌دا ئه‌و کاته ئێوه ئه‌بن بـــه‌و به‌نده پاکانه که گه‌ڕاونه‌ته‌وه بۆ لای خودا وه خودایش تاوانبه‌خشه بۆ ئه‌وانه ، وه ئه‌گه‌ر هه‌روا به دیمه‌ن فه‌رمانه‌کان بکه‌ن یا هه‌ر موبالات نه‌که‌ن ئه‌ویش هه‌ر له لای خودای زانا دیاره‌و پێی ئه‌زانێ •

بزانن ! له ئایه‌تی (وقضى ربك الا تعبدوا •• تاد)دا فه‌رمانی دا به به‌نده‌یی بۆ خودا وه پاش ئه‌وه چاکه‌کردن له‌گه‌ڵ باوکـو دایکدا له بـه‌ر ئه‌وه که په‌روه‌ردگار بۆ ئاده‌میزاد خودای ته‌عالایه‌و له پاش خودا هۆی به‌خێوکردن‌و پێگه‌یاندنی ئه‌و برێتیه له باوکـو دایکی ئه‌و •

وه له لایه‌کی تره‌وه سوپاسی هه‌ر ئینسانێ بۆ که‌سێ که نیعمه‌تی پێدابێ زۆر جوانه‌و به‌رانبه‌ری چاکه به چاکه‌یه ، وه یه‌که خاوه‌ن نیعمه‌ت له‌سه‌ر ئینسان خودایه که نیعمه‌تی وجوودو عـه‌قڵ‌و زانست‌و خواست‌و ته‌وانایی‌و دارایی پێداوه ، وه بێ گومان ئـــه‌م نیعمه‌ته گه‌ورانه داوای به‌نده‌یی ئه‌که‌ن له ئینسان بۆ ئه‌وه ببێ به سوپاس بۆی ، وه لـــه پاش خودای ته‌عالا که‌س نیه به قه‌ی باوکـو دایـك که نیعمه‌تی ببێ له‌سـه‌ر ئینسان . وه له سوپاسی ئه‌م جۆره خزمه‌تکردنه‌دا خودا بڕیاری داوه که چاکه بکا له‌گه‌ڵیانا •

جا ئه‌گه‌ر یه‌کێ پرسیار بکا بڵێت باوکـو دایکی ئینسان مه‌به‌سیان له رێکه‌وتن‌و نوستن‌و رابواردنیان وه‌رگرتنی له‌زه‌تی خۆیان بوه ئیتر ئه‌بێ حوقووقیان له‌سه‌ر منداڵه‌که‌یان چی بێ ؟

ئه‌وه وه‌ڵامی وه‌هایه : که بڕیاری ئه‌وه ناده‌ین باوکـو دایك هـه‌ر مه‌به‌سیان رابواردن‌و له‌زه‌توه‌رگرتن بووبێ ، به‌ڵکو له‌گه‌ڵ ئه‌و له‌زه‌ته‌دا مه‌به‌سیان په‌یدابوونی منداڵێکه که خزمه‌تی دین‌و دنیـای خـۆی‌و باقی

ئادەمیزاد بکا ، وە زیاد لەمە ئەمە لە رۆژێکەوە کە ئەو منداڵە پەیدا ئەبێ‌و گیانی ئەکرێ بە بەرا بارە بە سەر دایکەکەیەوە هەتا کاتێ لەگەڵ ئێش‌و ئازاری ئەوا دێتە دەرەوە بۆ دنیا ، وە لەو ساتەوە هەتا بە تەواوی خۆی ژیواری خۆی پەیدا ئەکا بە هەموو جۆرێ باوک‌و دایکی وان لە مەینەتی پێگەیاندنیا وە لە هەموو سزایەکی ئەودا بەشی گەورە بۆ ئەوانە . ئایا ئەم جۆرە خزمەتە ئەوان کردوویانە موقابەلە ناکرێ بە خزمەتێ ئەو منداڵە بیکا بە باوک‌و دایکەکەی ؟ لام وایە هەر ژیرێ بیرێ بکاتەوە لەم وەزعەدا باوەڕ ئەکا بەوە کە باوک‌و دایکی ئینسان بەس عیبادەتیان بۆ ناکرێ ئەگەرنا شیاوی هەموو خزمەتێکی ترن لە لایەنی منداڵەکانیانەوە . .

ئامۆژگاریتان ئەکەم بە مایە
بۆ پایەی شەرەف هەتا هەتایە
رەوایە ئینسان بۆ بابەو دایە
گیانی شیرینی بدا بە زایە
خودا خالقە پەروەردگارە
ئەساسی بوونی هەرچی گیاندارە
پاش خودا ئەوەی بەسوودە بۆمان
هەر باوک‌و دایکە بە توولی زەمان
خۆ ئەدەنە بەر دانی هارو مار
خۆ ئەدەنە بەر دەردی رۆزگار
بە شەو نەخەوی ، بە رۆژ تەک‌و دەو
هەتا رۆڵەیان بگا بە پرتەو
ببێ بە شەخسی فامیدەی زانا
ببێ بە مەردی گوردی تەوانا

ببێ بە قیبلەی خزمەتی کۆمەڵ
بێ بە وەسیلەی پێشکەوتنی گەل
ببێ بە عاسا بۆ رێگەی باریك
ببێ بە چرا بۆ شەوی تاریك
ببێ بە رەهبەر بێتە پێشەوا
نان بدا بە گەل وەکو نانەوا
لە هەر ساتێکدا رۆڵە نەخۆشن
لە بیمی ئەوان ئەمان بێهۆشن
ئەوەی پێی بگەن لەسەر بیری پاك
ئەیکەن بە هیوای ژیوارێکی چاك
جا بێن بە ئینصاف بیر بکەنەوە
ئەم دەردو داخە لێك بدەنەوە
هەرگیز ماقووڵە رۆڵەی بە کەماڵ
بۆ باوکو دایکی دا نەخا شاباڵ ؟
دەستیان نەگرێ لە کاتی زەحمەت
لە بۆیان نەمرێ بە هیوای رەحمەت
هەر خودا حەقەو خودایە راسە
هەر ئەوە بە حەق حەقیقەت ناسە
کە فەرمانی دا پاش سوجدە بۆ ئەو
لە بۆ (والدين) ببن بە پڕتەو

خزمەتیان بکەن بە دڵو بە گیان
ئیکرامیان بگرن لە ماوەی ژیان
پاش مردنیشیان هەتا هەتایە
دۆعاو خێراتیان بکەن بە مایە

★ ★ ★

★ (وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا) (٢٦) ★

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا لە ئایەتی (وقضی ربك) ئایەتی بیستو سێ تا سەر (ذلك مما اوحی الیك ربك) کە ئەکاتە حەڤدە ئایەت بازێ لە زانا بەرزەکان دایان ناون بە ناونیشانی (الانسان الکامل) •

جا یەکەم ئایەت باسی ئایەتی ئینسانی کرد لەگەڵ خودای تەعالاداو لەگەڵ باوکو دایکا ••• هەتا چەن ئایەتێ ، وە ئەم ئایەتەیش باسی حوقووقی خزمو خوێشو داماوان ئەکاو ئەفەرموێت : بدە بەو کەسانە کە خاوەن رشتەی خزمایەتین لەگەڵتانا وە بە میسکینەکانو رێبوارە داماوەکان حەقی خۆیانو ماڵو دارایی خۆت بە ناحەقو ناشەرعی خەرج مەکە •

★ (إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا) (٢٧) ★

بە راستی ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان بە ناشەرعی خەرج ئەکەن ئەوانە دۆستو برای شەیتانەکانن‌و بەرابەر بە خودای تەعالا کە دروستی کردوە کافرو دوژمن‌و ناسوپاس بوەو ناسوپاسە هەتا هەتایە ؛ وە هەر کەس لەگەڵ خودانەناسا بژی ئەویش ئەبێ بە خودا نەناس •

★ (وإمَّـا تُعْرِضَـنَّ عَنْهُـمُ ابْتِغَـاءَ رَحْمَـةٍ مِنْ رَبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُلْ لَهُمْ قَوْلاً مَيْسوراً) (٢٨) ★

وە مادام ماڵت لە دەستا بو بە قەی حاڵ ئەو حەقەیان پێ بدە ، وە ئەگەر جارێ لە جاران ماڵێکی وات بە دەستەوە نەبو وە لات دا لـە شتپێدانیان لە بەر ئەوە چاوەڕوانی نیعمەتو رەحمەتێکی لـە لایـەنی خوای خۆتەوە دەستت بکەوێ ئەوە قسەیان لەگەڵا بکە بـە قسەیەکی ئاسانو عوزر بێنەرەوە بە عوزرێکی موناسبی باش کە لەسەر دڵیانا نەبێ بە بار •

ودلحاصڵ خودای تەعالا ئەفەرموێت : کاتێ رزگار بوویت لە خزمەتی باوکو دایك پێویستە خەریکی خزمەتی خـزمو خوێشان بی نزیکتر لـە نزیك . جا خزمەتی هەژارو داماوان جا خزمەتی رێبواران •

وە بۆ بەیانی ئەم ئایەتە لەسەر مەزهەبی ئیمـامی شافیعی (خ) کە مەصرەفی واجب هەر ئەوەیە خـەرج بکرێ بۆ (اصـول)و (فروع)و (اهل) واتە باوکو باپیرەو دایکو نەنكو کوڕو کوڕەزاو کچو کچەزاو ژنو خادیمەی ناو ماڵ کە بە کرێ نەگیرابێ •

وە بۆ باقی خزمان هەر ئەوە واجبە کە ئینسان دڵیان رابگرێ بـە ماڵ بێ یا بە قسەی خۆش یا بە هاتوچۆکردنو نامەناردن بۆ لایان لـە شینو شادیدا ، بەڵام هەژارو داماوانو رێبواران ئەوە زەکاتو کەفارەتو نەزریان ئەدرێتێ • کاتێ ئینسان ئەم حوقووقانەی لەسەر نەبو ئەوە واجب نیە لەسەری خەرجکردنی ماڵ ، بەڵام سوننەتە ئینسان قەت دەستی لـە خێرو خێرات نەکێشێتەوەو بە قەی حاڵ خێرۆمەند بێ بە حاڵو بە ماڵ • وە پاش ئەوانە خودا نەهی ئەکا لە (تبذیر) ئەم لەفظە لە زمـانی عەرەبا

ئیفسادی ماڵو داراییە بەوە کە لە غەیری ڕێگەی مەشرووعەوە صەرف بکرێ کە وابێ هەر ماڵێ بۆ واجبات یابۆ (مسحبات) صەرف بکرێ ئەوە تەبذیر نیە ، بەلاَم هەر ماڵێ لە حەراما لەناو بدرێ یا لە شتی مەکرووها ئەوە تەبذیرە ، وە لە جوملەی تەبذیرە صەرفی ماڵ بە ئەندازەی زیاد لە پێویست لە هەر موناسەبەیەکدا بێ •

هەروا هەر ماڵێ بۆ فیزو دەمارو ناوو شۆرەتی بێ سوود صەرف بکرێ ئەوەیش بە تەبذیر ئەناسرێ ، وە ئەم نوعە صەرفە لە ئینسانی موسوڵمانی زاناو هۆشیارو خاوەن دینەوە دوورە •

وە بۆ خێرو خێراتیش خودا ئەندازەی ناوبەینی داناوە بۆ ئینسان وەکو فەرموویەتی :

★ (ولا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً الى عُنُقِكَ ولا تَبْسُطْها كُلَّ البَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلوماً مَحْسوراً) (٢٩) ★

ئەفەرموێت : دەستی خۆت بە ڕشتەی بەستنەوە مەبەرەوە بۆ لای گەردنت ، واتە ئەوەندە ڕژدی مەکە کە خۆت دوور بخەیتەوە لە خێرو خێراتو بەجێهێنانی یاسای عادەتی وەکو یەکێ زنجیر کرابێو دەستی بەسرابێ بە لای ملیەوەو جموجووڵی پێ نەکرێ وە زۆر دەستیشت بلاَو مەکەرەوە بە جۆرێ کە زیاد لە ئەندازەی واجبو سوننەتی ئیسلامی بە ناڕەوا ماڵی خۆت خەرج بکەی هەتا ماڵت بە دەستەوە نەمێنێ • جا دابنیشی بە کولۆڵیو ناتەوانو بیی بە بار بەسەر خەڵکەوە ئەوجار لۆمەو سەرزەنشتت بۆ بێ لە هەموو ناسراوێکەوەو مەمنووع بین لە هاتوچۆ ، واتە مەیدانی ئەملاو لات نەمێنێ •

★ (إنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إنَّهُ كانَ بِعِبادِهِ خَبِيراً بَصِيراً) (٣٠) ★

وە ئەگەر ئەم خەرجە زۆرە بۆ ئەوە نەکەی خەڵك دەوڵەمەند بکەی ئەوە بۆ تۆ ناکرێ ، وە ئەوە خاریجی یاسای حیکمەتی خودایە . بە راستی خودا رزق‌و رۆزی زۆر ئەکاو ئەبەخشێ بە هەر کەس بیەوێ‌و خواستی لێ بێ وە کەم ئەکاتەوە بۆ هەر کەسێ خواستی لەسەر کەمکردنەوەی بێ ، بە راستی خودا ئاگادارە لە ئەحواڵی بەندەکانی خۆی‌و وەزعی ئەوان ئەبینێ .

★ (ولا تَقْتُلوا أوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إمْلاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وإيّاكُمْ إنَّ قَتْلَهُمْ كانَ خِطْأً كَبِيراً) (٣١) ★

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد کە خۆی رزق‌و رۆزی زۆر ئەکا بۆ هەر کەسێ خواستی لەسەر بێ‌و کەم‌و کووڕی ئەکا بۆ هەر کەس کە خواستی لەسەر بێ ... فەرمووی : نەتەوەی خۆتان ، لە کوڕو کچ ، لە هەرزانی‌و لە گرانیداو ، لە کاتی جەنگ‌و نەهاتیدا مەکوژن لە ترسی گەدایی‌و بێ نەوایی ؛ چونکی رزق‌و رۆزی ئەوانە عائیدی ئێمەیەو ئێمە رۆزی ئەوانیش‌و ئێوەیش ئەدەین ، بە راستی کوشتنی ئەوانە تاوانێکی زۆر گەورەو ناهەموارە ؛ چونکە لە لایەکەوە بەدگومانیە بە خودا کە هەر رۆزی بە دەستی ئەو نیە ، یاخود رۆزی کەم ئەدات ؛ وە لە لایەکەوە ئەم جۆرە تاوانە ئەبێ بە هۆی کەمبوونەوەی نادەمیزاد لە سەر عەرزا وە بە هۆی بلاوکردنەوەی دلڕەشی‌و بەدبەختی لە جیهاندا ؛ وە لە لایەکەوە بڕینی ریشەی رەحمەت‌و میهرەبانیە لەگەڵ ئەولادا ؛ وە لە لایەکەوە ئازارگەیاندنە بە دڵی دایکە داماوە بەدبەختەکەی کە چەن مانگ

لە سکیا هەڵی گرتوە هەتا لێی بوەتەوەو دڵی زۆر بەسراوە پێیەوە ، وە لە لایەکەوە بەرانبەری کردنە لەگەڵ قەزای غەیبیدا ؛ چونکی ئەو تاوانبارە نازانێ کە پاش ئەو رۆژە دنیا چۆن ئەبێ ، وە زۆر جار وا ئەبێ زەمانی ئەو منداڵە زۆر ئارامو خۆشو هەرزانی ئەبێ ، هەر لە ئێستەوە ئەم تاوانباریە کاری ئینسانی دڵڕەشو بێ بەزەیی‌و بەدبەختە •

★ (ولا تَقْرَبُوا الزِّنا إنَّهُ كانَ فاحِشَةً وساءَ سَبِيلاً) (٣٢) ★

پاش ئەوە کە خودا نەهی کرد لە کوشتنی ئەولادیان •• نەهی کرد لە زیناکردنیشیان ؛ چونکی زۆربەی ئینسانی داوێن پیس لەبەر ئەوە زینا ئەکا لە لایەکەوە ئارەزووی نەفسەکەی جێبەجێ بکا ، وە لە لایەکیشەوە منداڵی نەبێ بە بار بە سەریەوە ؛ چونکی ئەگەر ژنەکە خاوەن شوو بێ منداڵەکە ئەبێ بە منداڵی مێردی ژنەکە ، وە ئەگەر بێ شوو بێ ئەوە ئەو منداڵە ئەکوژرێ پاش لە دایکبوون وە یا لە پێش پەیدابوونیا زایە ئەکرێ •

بە هەرحاڵ خودا ئەفەرموێت : نزیکی زینا مەکەونەوە ، چونکی زیناکردن بناغەیە بۆ گەلێ خراپە :

یەکەم : ئەمە کە زیناکردن ئەبێ بە هۆی کوشتنی ئەو منداڵە یا لە ناو سکی دایکیا یا لە پاش داکەوتنی •

دووهەم : زیناکردن ئەبێ بە هۆی تێکەڵبوونی رشتەی نەتەوەو زەوەرزێ ، وە ئەو منداڵە کە ئەبێ لە کابرای زیناکار ئەبێ بە منداڵی کەسێکی تر •

سێهه‌م : ئه‌بێ بـه‌ هۆی تێکدانی خانه‌دان ؛ چونکی ژن که‌ فێری زیناکردن بو به‌ یه‌کێکه‌وه‌ ناوه‌ستێ‌و گه‌لێ جار ئینسانێکی وه‌های پێش‌چاو ئه‌که‌وێ کـه‌ ئه‌کـه‌وێته‌ شـوێنی‌و ماڵی خاوه‌نه‌ شه‌رعیه‌که‌ی‌و عائیله‌که‌ی تێك ئه‌دا •

چواره‌م : ئه‌و ژنه‌ به‌ هۆی ئه‌م کاره‌ ناباره‌وه‌ دڵی بێ عه‌لاقه‌ ئه‌بێ له‌گه‌ڵ خاوه‌نه‌که‌یاو دڵ نادا بـه‌ یاساو ناموس‌و چاودێری دارایی لـه‌و ماڵه‌دا •

پێنجه‌م : زۆر جار مێرده‌که‌ی به‌و خه‌یانه‌ته‌ ئه‌زانێ‌و کابرای زیناکه‌ر ئه‌کوژێ‌و فیتنه‌ هه‌ڵئه‌گیرسێ له‌ ناو دوو کۆمه‌ڵ ئاده‌میزاداو گه‌لێ کوشتارو تالآن‌و به‌دڕه‌فتاری په‌یدا ئه‌بێ •

شه‌شه‌م : هـه‌ر ژنێ فێری ئـه‌و ره‌فتـاره‌ بو ئیتر بـه‌ مێرده‌که‌ی خۆی‌داناکه‌وێ‌و هه‌میشه‌ به‌ شوێن کرده‌وه‌ی ناشیرینا ئه‌گه‌ڕێ •

حه‌وته‌م : خۆشه‌ویستی‌و په‌یوه‌ندی لـه‌ نێوان ئه‌و ژنه‌و مێرده‌که‌یا نامێنێ • ئه‌مانه‌ هه‌موو خراپه‌ی دیارین •

هه‌شته‌م : ئه‌م کاره‌ ناباره‌ لادانه‌ له‌ سنوورێ که‌ خودا بڕیاری داوه‌و لادانـه‌ لـه‌ یاسای شه‌ریعه‌تی خـوداو کردنـه‌وه‌ی ده‌رگـای بێ‌دینی‌و دین‌ته‌رك‌کردنه‌ له‌ جیهانا •

نۆهـه‌م : هـه‌ر پیاوێکی خاوه‌ن ژن کاتێ رۆیشت زینـای کـردو ئاره‌زووی خۆی لـه‌ حه‌راما ته‌واو کرد ژنی ئه‌و کابرایه‌ شه‌یتان ته‌فره‌ی ئه‌داو له‌ داخی مێرده‌که‌یا ئه‌ویش ئه‌چێ دۆستێ بۆ خۆی ئه‌گرێ‌و له‌ دوو لاوه‌ خراپه‌ په‌ره‌ ئه‌سێنێ •

دەهەم : ئەم کردەوە نابارە لە لای طەبیعەتی ئینسانی راسالاّ نامو ناسبو ناشیرینە تەنانەت حەیواناتیش غیرەتیان قەبووڵ ناکا بێگانە بێنە سەر مێچکەیانو ئەو کردەوە بە فاحیشەو ناشیرین ئەزانن •

جا لە بەر ئەم هەموو ئەنجامە نابارانە خودا تەعلیلی ئەو نەهیەی کردو فەرمووی : بە راستی زینا کارێکی فاحیشەو ناشیرینەو رێگەیەکی خراپە بۆ بەجێهێنانی ئارەزووی نەفس •

★ (ولا تَقْتُلوا النَّفْسَ التَّي حَرَّمَ اللهُ إلاَّ بِالْحَقِّ ، ومَنْ قُتِلَ مَظْلوماً فَقَدْ جَعَلْنا لِوَلِيِّهِ سُلْطاناً ، فَلا يُسْرِف في الْقَتْلِ إنَّهُ كانَ مَنْصوراً) (٣٣) ★

لە بەر ئەوە کە زیناکردن ئەبێ بە هۆی ئەوە کە هێشتا ئینسانەکە نەهاتوەتە عالەمی وجوود لا ببرێ ، واتە هەر بە تۆمی لە سکی دایکا بە دەرمان فڕە ئەدرێ ، وە یا لە پاش گیان تێچوون زایە ئەکرێ ، وە قەتڵ بریتیە لە کوشتنی ئینسانی دەرچووی راستەقینە ، خودا باسی زیناکردنو نەهی لە زینای خستە پێش نەهی لە قەتڵ وە لە بەر ئەوە کە لە زیناکردن فیتنەو کوشتار پەیدا ئەبێ پاش نەهی لە زینا نەهی لە کوشتن کرد •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەی هۆشیاران ئەو نەفسانە کە خودا کوشتنی ئەوانی حەرام کردوە مەیانکوژن مەگەر بە هۆی ئەوەوە کارێکی وا بکەن کوشتنیان رەوا بێ ، وە هەرکەسێ کە بە ستەمو بە ناحەق کوژرا ئەوە بە راستی بڕیاری حەقی تۆڵەسەندەنەوەمان داوە بۆ خوێنڕەسەکەی ، دەی با زیادەڕەوی نەکا لە کوشتنی خەڵکدا لە بریتی کوژراوەکەی •

جا ئه‌گه‌ر تاقه که‌سێ کوشتوویه‌تی هه‌ر ئه‌و که‌سه بکوژێته‌وه له تۆڵه‌داو دوو که‌س یا زیاتر نه‌کوژێ ، وه یا لانه‌دا بۆ که‌سێکی دوور له‌و تاوانه‌و بیکوژێت له به‌ر ئه‌وه له‌و خانه‌دانی پیاوکوژه‌یه یا له هۆزی ئه‌وه . وه یاخود بـه ئازارو سزا ئه‌و که‌سه نه‌کوژێ ••• ئه‌مانه هه‌موو تاوانبارین ، جا ئه‌گه‌ر خوێنڕه‌سه‌که به یاسای دین حه‌ق بسێنێ ئه‌وه به راستی یارمه‌تی ئه‌درێ ، وه واجبه ئیمامی ئیسلام یارمه‌تی بداو حه‌قه‌که‌ی بۆ وه‌ربگرێ •

بزانن ! حه‌زره‌ت ـدـ به‌یانی (الا بالحق) کردوه به‌و فه‌رمووده‌یه که ئه‌ڵێ : (لا يحل دم امرئ مسلم الا باحدى ثلاث : كفر بعد ايمان ، وزنا بعد احصان ، وقتل نفس بغير حق) واته : ره‌وا نیه رژاندنی خوێنی موسوڵمان مه‌گه‌ر به سێ هۆ : یه‌که‌م له دین‌وه‌رگه‌ڕانه‌وه پاش ئیسلامیه‌ت • دووهه‌م : زیناکردن له پاش ژن هێنان یا شووکردن • سێهه‌م : کوشتنی بێ تاوانێ به ناحه‌ق •

وه هـه‌ر شتێ پاش ئه‌مانه کرابێ بـه هۆی کوشتنی ئینسان وه‌کو کوشـتنی کافـری جه‌نگاوه‌رو ، ئینسـانی جه‌رده‌ی رێگـرو ، ئینسانی هه‌ڵمه‌تهێنـه‌ر بۆ سـه‌ر که‌سێکی هێمـن‌و ، ئینسـانی نوێژنه‌که‌ر پاش داواکردنی ته‌وبه‌و ، ئینسانێ (ته‌عریض) بکا بـه نامووسی که‌سـێ‌و ، ئینسانی ساحیرو جادووگه‌رو ••• وێنـه‌ی ئه‌مانه •• هـه‌موو له‌سـه‌ر ئه‌ساسی ئه‌وه‌یه کـه ئه‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ سه‌ر یه‌کێ لـه‌و سێ هۆیه کـه له‌و فه‌رمووده‌ی حه‌زره‌ته‌دا ـدـ به‌یان کراون •

★ (وَلاَ تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ) ★

وە لەبەر ئـەوە خواردنو زایەکردنی ماڵی هـەتیو ئەبێ بـە هۆی فەوتانو مردنی •• خودا پاش نەهی لە کوشتن فەرمووی : نزیکی ماڵی هـەتیو ـ منداڵی نابالغی بێ باوك ـ مەکەون مەگەر بـە شێوەیێ کـە جوانترین شێوە بێ لە خزمەتی ئەو ماڵەدا هەتا ئـەو هەتیوە ئەگات بـە کاتی هێزی عەقڵو هۆشو فامیدەیی بۆ چاودێری ماڵی خۆی ، وە ئێوە ئەتوانن تەصەڕوفی شەرعی بـە (ویلایەت) یا بـە (ویصایەت) یا بـە (قیسومەتێ) لە لایەنی قازی شەرعەوە بکەن لە ماڵی هەتیوا تا ئەو کاتە ، وە لـەو کاتـە بەولاوە ماڵەکەی ئەدرێتەوە دەستی هەتیوە پێشووەکە وا ئیستە بالغو رەشیدە خۆی ئەزانێ چی لێ ئەکا •

★ (وأوْفوا بِالْعَهْدِ إنَّ العَهْدَ كانَ مَسْئولا) (٣٤) ★

وە هەر عەهدو پەیمانێکتان بەست عەهدی ئیمان لەگەڵ رەهبەراو عەهدی دۆستی لەگەڵ ئینسانی بەرانبەراو ، عەهدی نیکاح یا تیجارەت یا شەراکەت یا نذوورو غەیری ئەمـانە وەکو سوێندێکی شەرعی هـەر کاتێ داتان مەزراندن بە بێ هۆیەکی دینی قەت تێکیان مەدەن ؛ چونکی بە راستی پەیمان پرسیاری وا لە دواوەو ئینسانی بێ پەیمان بێ ئیمانە وە ئادەمیزادی درۆو دەلەسەچی دەسبڕو بێ نرخو بێ مێزانە ، وە لـە ناو کۆمەڵی موسوڵمانانا بە پووش یا بە بۆشو بێ هۆش دائەنرێ ، وە رەوا نیە ئادەمیزاد نرخی خۆی لە بازاڕی ژیانا بشکێنێ •

★ (وأوْفوا الْكَيْلَ إذا كِلْتُمْ ، وزِنوا بِالقِسْطاسِ المُسْتَقيمِ ، ذلِكَ خَيْرٌ وأحْسَنُ تَأْوِيلاً) (٣٥) ★

وە پێوانە تەواو بکەن کاتێ کە دانەتان پێوا بۆ فرۆشتن یا بۆ سەندن ، وە ماڵێ کێشانە بکرێ بە ترازووی راست کێشانەی بکەن ، ئەم جۆرە

ڕەفتارە باشەو پاداش‌و ئەنجامی جوانە لە لای خوداداو لە لای ئادەمیزادا •

★ (ولا تَقْفُ ما لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إنَّ السَّمْعَ والبَصَرَ والفُؤادَ كُلُّ اولئِكَ كانَ عَنْهُ مَسْؤُلاً) (٣٦) ★

قەت مەکەوەرە شوێنی شتێ کە زانست‌و فامی خۆت پێی نەگەیشتوە ، ئەگەر بیرو باوەڕە باش دڵت دابمەزرێنە لە سەری بە هۆی زانستی خۆتەوە . ئەگەر زانستی خۆت پێی بگا ، وە بە هۆی کەوتنە شوێنی زانایەکی بەرزی خاوەن عیلم‌و باوەڕپێکراو کاتێ گەیشتە ئەم پایە دروستە بۆ تۆ تەقلیدی بکەی ؛ وەکو تەقلیدی موسوڵمانان بۆ ئیمامی (ابو الحسن اشعری) یا ئەبو مەنصووری ماتوریدی لە ئیعتیقادیاتا ، هەروا لە ئەحکامی فەرعیی عەمەلیشدا . وەکو باسی نوێژو ڕۆژوو زەکات‌و حەج‌و مامەڵەو ••• هەر پێویستە بگەی بە عیلمی ڕاستەقینەی خۆت ، یا عیلمی ڕاستەقینەی ئینسانێکی زانای باوەڕپێکراو وەکو ئیمامی شافیعی ـخـ • بە کورتی لە ئیعتیقاداتا وە یا لە عەمەلییاتا پێویستە یا خۆت عالم‌و زانا بی یا پەیڕەوی عالمێکی زانا بی •

بەڵێ لە بابەتی ئیعتیقادیاتا ، بە تایبەتی گرنگەکانی ، پێویستە بگەی بە پایەیەکی وەها کە پاڵ بدەی بەو عیلم‌و زانستەوە ئەوەندە بە هێز بێ ، وە ئەم قسە کە من ئەیکەم لەسەر ئەو ئەساسەیە کە تەقلید لە ئوصوولی دیندا دروستە وەکو تەقلید لە فورووعا دروستە ، وە ئەمە قسەیەکی ڕاستە ، چونکی ئەگەر ئینسان زۆر خاوەن پایە نەبێ لە زانستا ناگات بە عیلمی قەطعی . جا ئەگەر ئیعتیبار بە تەقلید نەکرێ عالەم ماتڵ ئەبێ •

وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەم مەعنایە وتمان ئەبێ بە کینایەیش لە نەهی موشریکەکان لەوە کە لە ئیعتیقادا ئەکەونە شوێنی بتە تاشراوەکان بە بێ عیلم بەوە ئەوانە سوودێکیان تیایە ، وە بەس بە تەقلیدی گەورەکانیان هەروا ئەبێ بە کینایە لە نەهی ئەو کافرانە لە حەرامکردنی بازە گۆشتێ‌و حەڵاڵکردنی بازێك بە بێ دەلیل بەڵکو هەر بە تەقلیدی کافرە خاوەن دەستەڵاتەکان •

وە ئەمە تا ئیستە لەسەر قەولێ بو لە قەولەکانی خاوەن تەفسیرەکان ـخـ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا •

قەولی دووهەم ئەمەیە : نەقڵ کراوە لە محەمەدی کوڕی حەنەفیەوە کە : موراد لەم ئایەتە نەهیە لە شایەتی درۆ ، شایەتی‌دان بێ ئاگاداری‌و زانست ، وەکو ریوایەت کراوە ئیبن‌و عەباس ـخـ فەرموویەتی : شایەتی مەدە مەگەر بەوەی بە چاو دیوتەو بە گوێچکە بیستووتەو بە دڵ زانیوتە •

قەولی سێهەم ئەمەیە : کە نەهیە لە بوهتان‌کردن بە پاکان ، واتە بوختان‌کردن بۆ پیاوی پاك‌و ژنی بە ئەدەب کە لەو چەرخەدا لە ناو خەڵکدا باو بوەو ئیستەیش هەر زۆرە •

وە قەولی چواردم ئەمەیە : نەهیە لە درۆکردن بە هیچ جۆرێ ، واتە مەڵێ بینیومەو نەتدیوەو ، بیستوومەو نەتبیستوەو ، زانیومەو نەتزانیوە •

بزانن ! ئایەتەکە ئەم قسانە هەموو هەڵئەگرێ ، کە وابێ حەق وایە هەروا بە عموومی خۆی بهێلینەوە هەتا باش بڕوا لەگەڵ ئاخری ئایەتەکەدا کە ئەفەرموێت : (ان السمع والبصر ••• الآیة) واتە بە راستی گوێچکەو چاوو دڵ واتە نیسبەتی شت لەمانە هەموو پرسیاریان لەسەرە کە وابوو

بە ناحەق مەڵی بیستوومە یا دیومە یا زانیومە با تووشی عاری دنیاو سزای ڕۆژی قیامەت نەبی بە ناحەق •

بازێ کەس وتوویانە : ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر مەنعی قیاسکردنو حوکم بە ئیجتیهاد لە لایەنی موجتەهیدانەوە ؛ چونکی ئەوەی لە قیاسکردن وە یا لە ئیجتیهادی زانایانەوە پەیدا ئەبێ گومانەو عیلم نیەو خودایش نەهی کردوە لەوە کە ئینسان تابیع بێ بە غەیری عیلم •

جوابەکەی ئەمەیە : وتمان مەبەس لەو عیلمە زانستێکە زۆر بەهێز بێ خواە بێ بە عیلمی بەدیهی قەطعی وە یاخود نەگا بە پایەی عیلمی یەقینی . وە لە پایەی ظەنو ئیعتیقادا بمێنێتەوە ، وە ئەم جۆرە زانستە بەهێزە کە وتمان دروستە ئینسان بکەوێتە شوێنی مەگەر لە بازێ مادەی تایبەتیدا . وەکو شایەتی لەسەر شەخسی ئینسانێکی تایبەتی •

وە دەلیل لەسەر ئەمە چەن شتێکە :

یەکەم : ئیجماع هەیە لەسەر ئەوە حوکم بە ظەن دروستە لە دنیادا بە چەن دەلیل :

١ ـ عەمەل بە فتوای ئیمامان دروستەو ئەوەیش عەمەل بە ظەنە •

٢ ـ عەمەل بە شایەتی دوو عادڵ یا چوار عادڵ واجبە لەگەڵ ئەوەدا ئەو شایەتیانە هەر ئەبن بە هۆی ظەن نەك عیلمی قەطعی •

٣ ـ ئیجتیهاد لە قیبلەدا دروستە لەگەڵ ئەوەدا کە هەر ظەنی لێ پەیدا ئەبێ •

٤ ـ قیمەتدانان بۆ حەیوانو ماڵی فەوتاو هەر بە ظەنو واجبە کە عەمەل بەو تەقویمە بکرێ مادام ئەهلی خیبرە بیکەن •

٥ ـ عەمەلیاتی پزیشکەکان هـەمووی لەسەر ظـەنەو بەجێهێنانیان دروستە •

٦ ـ هەر گۆشتێ لە خاریجەوە لـە بیلادی ئیسلام یا کیتابیەکانەوە دێ ئێمە هـەر ظەنمان هەیە بەوە سەربڕراوی شەرعی بن لەگەڵ ئەوەدا خواردنیان دروستە لە لای کەسێ کە گۆشتی سەربڕراوی کیتابی وەکو موسوڵمان ئەخورێ •

٧ ـ خودا ئەمر ئەکا بـە ناردنی دوو حەکەم بۆ ڕێکخستنی نێوان ژن‌و مێردو لابردنی ئاژاوەیان لەگەڵ ئەوەدا قسـەی ئەوانە هـەر ظـەن ئەگەیەنێ •

٨ ـ حوکم بە ئیمانی هەر موسوڵمانێ ئەیبینی هەر لەسەر ظـەنە لەگەڵ ئەوەدا ئەو حوکمە دروستە •

٩ ـ ئەساسی ڕەوابوونی موعامەلە لەگەڵ ئادەمیزادا لەسەر ئەوەیە ئـەو ماڵە وا بە دەستیانەوە حەڵاڵەو ماڵی خۆیانە کەچی ئەوە بـە ظەنەو قەطعی نیە •

١٠ ـ حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (نحن نحكم بالظواهر والله يتولى السرائر) ئەمەیش مەعنای وایە عەمەل بە زاهیر دروستە •

وەڵامی دووهەم ئەمەیە کە : ظەن ناو ئەبرێ بە عیلم ، وە ئەو عیلمە لە ئایەتا شامیلە بۆ عیلمی یەقینی‌و بۆ ئیعتیقادو ظەن ، وەکو ئایەتی (فان علمتموهن مؤمنات فلا ترجعوهن الى الكفار) •

وەڵامی سێهەم : مادام ئایەتی (فاعتبروا يا اولي الابصار) دەلالەت ئەکا لەسەر صیحەتی قیاس ئەوە لێی دەرئەکەوێ کە هەر ئیعتیقادێ لـە قیاسەوە پەیدا ئەبێ جێگەی ئیعتیبارە •

★ (ولا تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الجِبالَ طولاً) (٣٧) ★

وە مەڕۆ بەسەر عەرزا بە خاوەن فیزیو بە دەمارەوە ؛ واتە بە ئارام بڕۆ بە ڕێدا توند پێ مەکوتە بە زەویدا ، وە هەڵمەخەرەوە تا سەرت بەرز بێتەوە بە خیلافی عادەت ؛ چونکی خۆ تۆ عەرز کون ناکەی بەم پێدانانە وە نایشگەیتە ئاسمان لەبەر درێژیو سەربەرزیت •

★ (كُلُّ ذلِكَ كانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْروهاً) (٣٨) ★

هەموو ئەو سیفەتانە کە لە ئایەتی (وقضى ربك الا تعبدوا الا اياه)وە هەتا ئەم ئایەتە باس‌کرانو نەهی کرا لە ناڕەواکانیان ـ ناڕەواکانیان لە لای خودا شتگەلێکی ناڕەواو ناشیرینن •

★ (ذلِكَ مِمَّا أوْحى إلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الحِكْمَةِ) ★

وە ئەو ئادابە مەشرووعانە کە ئاگادار بووین بەسەریانا لەو ئایەتانەدا لەو حوکمە جوانانەن کە خودا وەحی کردن بۆ لای تۆ •

★ (ولا تَجْعَلْ مَعَ اللهِ إلهاً آخَرَ فَتُلْقى فِي جَهَنَّمَ مَلوماً مَدْحوراً) (٣٩) ★

وە تەت لەگەڵ خودادا مەعبوودێکی تر بڕیار مەدە تا بخرێیتە دۆزەخ بە لۆمەکراوی لە لایەنی خوداو فریشتەی خوداوە ، وە بە دوورخراوەیی لە رەحمەتی خودا ، وە ئەم وتارە کینایەیە لە باقی مەخلووقات ئەگەرنا پێغەمەران دوورن لەو جۆرە بیرو باوەڕانە •

★ (افَأَصْفاكُمْ ربُّكُمْ بِالبَنِينَ واتَّخَذَ مِنَ المَلائِكَةِ إناثاً ؟! إنَّكُمْ لَتقُولونَ قوْلاً عَظِيماً) (٤٠) ★

ئایا پەروەردگاری ئێوە نێرینـەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووەو خۆی لـە فریشتەکان نەتەوەی مێیینەی بۆ خۆی بڕیار داوە ، بەم مەعنا خودا باوکی کچەکانەو کچەکان بریتین لە فریشتەکان ؟! بە راستی ئێوە قسەیەکی زۆر دوور لە واقیعو خەتەرناکو خاوەن تاوان ئەکەن •

★ (ولَقَدْ صَرَّفْنا في هذا القُرْآنِ لِيَذَّكَّرُوا وما يَزِيدُهُمْ إلاَّ نُفُوراً) (٤١) ★

وە بە راستی ئەم باسەمان لە قورئانا زۆر گۆڕیو بـە گەلێ قاڵب نازڵمان کرد بۆ سەریان بـە هیوای ئـەوە بیر بکەنەوەو حاڵی ببن خودا پێویستی نیە بە نەتەوە نە کوڕ نە کچ ، وە خودا پاکە لە پەیوەندی لەگەڵ دروستکراوەکانا بـە خالیقیو پەروەردگاری نەبێ ، لەگەڵ ئەوەدا ئـەو کافرانە موبالات ناکەنو ئەو ئایەتانەی ئێمە دووری لە بیستنی حەقو نەفرەت لە هۆشکردنەوە زیاتر هیچیان بۆزیاد ناکا •

★ (قُلْ : لَوْ كانَ مَعَهُ آلِهَةٌ ـ كَما يَقولونَ ـ إذاً لابْتَغَوْا إلى ذِي العَرْشِ سَبِيلاً) (٤٢) ★

ئـەی پێغەمەری خۆشەویست ئـەم کافرانە لە لایەکەوە ئەولاد بۆ خودا بڕیار ئەدەنو لە لایەکەوە بتە تاشراوەکان ئەکەن بە مەعبوود لەگەڵیا جا تۆ پێیان بفەرموو لە مەقامی ئامۆژگاریدا : ئەگەر لەگەڵ خودادا چەن خودایەکی تر ببوایە ئولفەتیـان بەیـەکەوە ئەگرتو رێگـەی هاتوچۆو زیارەتو دیدەنییان بۆ خۆیان ئەدۆزیەوەو رێگەیەکیان ئەکردەوە بۆ لای خودای خاوەن عەرشو لەم عەرزەدا بەم شێوە نەدەکەوتن !

★ (سُبْحانَهُ وتَعالى عَمَّا يَقُولونَ عُلُوّاً كَبِيراً) (٤٣) ★

تەنزیهی خودا ئەکەین‌و بە پاك‌و دووری ئەزانین لەوە کە شەریك‌و هاوڕێی بێ لە بەندەیی بۆکردناو لە دروستکردنی هیچ شتێکداو لە بێ باکی‌و بێ نیازیدا وە زۆر بەرزو بالآو بولەندە لەو صیفەتانە کە ئەو کافرە موشریکانە بۆی دائەنێن بە بەرزیەکی زۆر گەورەو زیاد •

★ (تُسَبِّحُ لَهُ السَّماواتُ السَّبْعُ والأَرْضُ ومَنْ فِيهِنَّ ، وإنْ مِنْ شَيْءٍ إلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ ولكِنْ لاَ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ، إنَّهُ كانَ حَلِيماً غَفُوراً) (٤٤) ★

خودای عالەم خودایەکی وەهایە هەر حەوت ئاسمانەکان تەسبیح‌و تەنزیهی ئەکەن لە شەریك ، هەروەها عەرز بە وشك‌و تەڕیەوەو ئەو کەسانەیش وان لە ئاسمان‌و عەرزا ، لە ئادەمیزادو لە جین‌و فریشتەو ، هیچ شتێ نیە لە کائیناتا ئیللا تەسبیح‌و تەنزیهی خودا ئەکا لە عەیب‌و کەمی‌و بە تایبەتی لە هاوڕێ ، بەلام ئێوە لە تەسبیحاتەکانیان تێ ناگەن ؛ چونکی ئەوەندە مەشغوولی یادو ناوی خودا نەبوون هەتا حالەتێك‌و مەلەکەیەکی نەفسی وەهاتان بۆ پەیدا بێ کە لەو تەسبیحاتە حالی بین ، وە لەگەل ئەوەدا کە سەعی ناکەن بۆ گەیشتن بەو پایە بە راستی خودا حەلیم‌و خاوەن لوطفە کە لەسەر ئەوانە تۆلەتان لێ ناسێنێتەوە ، وە تاوانبەخشە کە لەبەر غافلبوونەکەتان سزاتان نادا • جا مادام خودا ئەوەندە گەورە بێ کە کائینات هەموو تەسبیح‌و تەنزیهی بکاو ثەناو ستایشی زاتی بکەن چۆن رەوایە ئەو کافرە موشریکانە بڕیاری شەریك بدەن بۆ ئەو زاتە موقەدەسە ؟!

بزانن ! لە تەفسیری ئـــەم ئایەتەدا گەلێ لـــە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : ئەم تەسبیحاتە بریتیە لە تەسبیحێك کە بە زمانی حاڵ بێ ، واتە لـەم روەوە کە ئەمانە لـــە مومکیناتن ، وە صیفەتی ئیمکان شت موحتاج ئەکا بە صانیعو پەروەردگار وە حادیثن‌و حودووث‌و دەرچوونی لە نەبوون بۆ پایەی بوون پێویستی بە فاعیل هەیە ، ئەمانە دەلالەت ئەکەن لەسەر وجوودی صانیعی (واجب الوجود)و تاق‌و تەنیا • وە ئەم تەسبیح‌و ستایشە بە جۆرێکی تر نیە •

بەڵام من بە ئیستیناد لەسەر زاهیری ئایاتی زۆرو چەن حەدیثێکی شەریفاو بە دەلیلی عەقڵی‌و ئیستیدلال بـە ئاثـــار باوەڕم وایە کە ئـــەم تەسبیحات‌و سوپاس‌و ستایشە هەموو بە تەرتیبێکی وایە شیاوی ئـــەو شتانە بێ ، غەیری دەلالەتی حاڵ لە بەر ئـــەوە خودا تەوانـایەو ئایەت‌و حەدیثەکانیش زاهیرن بۆ مەبەستی ئێمە ئیتر پێویست نیـە لادەین لـــە زاهیر •

دەلیل لە ئایەت :

یەکەم : ئەم ئایەتە کە ئیستە باسی ئەکەین ، وە بە تایبەتی جوملەی (ولکن لا تفقهون تسبیحهم) ؛ چونکە ئەگەر مەبەس دەلالەتی حـاڵ ، واتە دەلالەتی ئیمـکان‌و حودووث بێ ، ئـەوە هەموو زانایەکی میانـــە ئەیزانێ • جا کە وابێ مانـــای تەسبیحێکە وەکو کەلیمەی (سبحان الله وبحمده)و وێنەی ئەوانە •

دووهەم : ئایەتی (یسبح لله •••) •

سێهەم : ئایەتی (سبح لله •• الآیة) •

چوارەم : ئایەتی (انا سخرنا الجبال معه یسبحن بالعشي والاشراق) چونکه ئەگەر مەبەس دەلالەتی حاڵ بێ ئـەوە خاص نیـە بە بەیانیو ئێوارەوە ، بەڵکو هەتا زاتی ئەو شتە هەبێ ئەو دەلالەتە لازمی ذاتو ماهیەتی تیا نیە •

پێنجەم : ئایـەتی (وان منها لما یهبط من خشیة الله)كه زاهیرە لەوەدا بەردی رەقی وشك لە خودا ئەترسێ • زیاد لەمانەیش گەلێ ئایەتی تر هەیە •

دەلیل لە حەدیث :

ـــ وەکو ئەوە حەزرەت (د) فەرموویەتی : (لا یسمع صوت المؤذن جن ولا انس ولا شجر ولا حجر ولا مدر ولا شيء الا شهد له یوم القیامة) واتە دەنگی بانگدەر نابیسێ جینی یا ئادەمی یا دار یا بەرد یا گڵمۆتك یا شتێ ئیللا لە رۆژی قیامەتا شایەتی بۆ ئەدا ، ئەوە مەعنای وایە کە لـە دنیادا ئەو شتانە هەموو بانگەکەیان بیستوە بۆیـە رۆژی قیامەت لـە حوزووری خودادا شایەتییان بۆ ئەدەن •

ـــ وە لە بوخاری شەریفدا لە ئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت ئەکا کە فەرموویەتی : (کنا ناکل الطعام مع رسول الله ونحن نسمع تسبیحه) •

ـــ وە لە صەحیحی موسلیمدا ریوایەت ئەکا لە جابیرەوە لە ئیبنو سومرەوە فەرموویەتی : حەزرەت (د) فەرموویەتی : (انی لاعرف حجرا بمكة کان یسلم علی قبل ان ابعث ، انی لاعرفه الآن) •

ـــ هەروا حەدیثی ناڵاندنی ئەو لقـە دارخورما کە حەزرەت (د) وەختی خۆی پاڵی پێوە ئەدا لە کاتی خوطبە خوێندنا وە لە پاشا گوێزرایەوە لەوێو رۆیشتە سەر مینبەر •• لە ناو (محدثین) ا مەشهوورە •

ــ وە ئیبنو عەباس (خ) ریوایەتی کردوە کە حەزرەت رابورد بە لای دوو قەبراو فەرمووی : ئەمانە سزا ئەدرێنو سزاکەیان لەسەر گوناحێکی گەورە نیە : یەکێکیان ئەڕۆیشت لە ناو خەڵکدا چڵوچۆیی ئەکرد ، وە یەکێکیشیان لە کاتی تارەتا خۆی پاك نەدەکردەوە لە گمێز •

جا ئەمری فەرموو لقە خورمایەکیان بۆ هێنا ئەویش کردی بە دوو پارچەوە هەر یەکێ لەوانەی لەسەر قەبرێ لەو قەبرانە داچەقانو فەرمووی : رجا وایە سزاکەیان سووك ببێ مادام ئەم دارە تەڕ بێ • ئەمە ئیشارەیە بۆ ئەوە مادام ئەو دارە تەڕ بێ تەسبیحی خودا ئەکا ، جا هەرچەن ئەمە نابێ بە دەلیل بۆ تەسبیحی جەمادات بەڵام ئەبێ بە دەلیل بۆ تەسبیحی بێ زمان •

ــ وە ئەبو زەڕی غەفاری (خ) ریوایەتی کردوە کە پێغەمەر (د) حەوت بەردی بچووکی هەڵگرت بە دەستی خۆیو ئێمە تەسبیحی ئەو بەردانەمان بیست ، لە پاشا خستنیە دەستی ئەبوبەکر لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان کرد ، جا خستنیە دەستی عومەرەوە لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان کرد ، جا خستنیە دەستی عوثمانەوەو لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان ئەکرد • ئەم حەدیثە (بزار)و (طبرانی) ریوایەتیان کردوە ، وە لە ریوایەتی طەبەرانیدا ئەڵێ : هەرکەسێ لەو حەلقەدا بو هەموو دەنگی تەسبیحەکەیان ئەبیست ، وە کاتێ کەوتنە دەستی ئێمە ئیتر دەنگیان نەبیسرا •

وە ئەمانە هەمو دەلیلن لەسەر ئەوە کە تەسبیحاتی جەمادات بە شێوەی قسەی بیسراو بوە •

ئەگەر کەسێ بڵێ : تەسبیحاتی جەمادات ئەبێ بەس بە دەلالەتی حالی بێ نەك بە شێوەی عادەت لەبەر ئەوە زانایانی ئوصوول ئیستیدلالیان

کردوە بە عیلمو قودرەتو کەلامی باری لەسەر حەیاتی باری •• جا ئەگەر جەمادات کەلامو تەسبیحاتیان بێ ئەوە ئیستیدلالی زانایانی ئوصوولّ چ نرخێکی نابێ : لەبەر ئەوە کە کەلام لە جەمادیشدا هەیە !

وەڵامەکەی ئەمەیە کە : صیفەتی حەیات (حەقیقەتێکی جینسیەیە)و چەن نەوع وا لە ژێریا •

نەوعی یەکەم : حەیاتی قەدیمەی زاتی باری تەعالا کە نە موحتاجە بە میزاجو بونیەو نە لە حەیاتی باقی خاوەن حەیاتەکان ئەچێ •

نەوعی دووهەم : حەیاتی حادیثە وە ئەم حەیاتە حادیثەیشە چەن صینفی هەیە وەکو ژیانی ئەندامی ناسکی فریشتەو جین ، وە وەکو حەیاتی موقارین بۆ میزاجو (بنیەی کثیفە) لە ئادەمیزادو باقی گیانلەبەرانا •

وە بازە صینفێکی لەگەڵ حیسو حەرەکەی ئیرادیەدا نیە ، وەکو حەیاتی مەشلوولو مەفلووجو بێ هۆشو حەیاتی نەباتاتو حەیاتی جەمادات لەسەر تەقدیری ئەوە کە تەسبیحو حەمدی خودا بکەن • جا ئەو ئیستیدلالە کە زانایانی ئوصوول کردوویانە ئیستیدلال بوە بە عیلمی شامیلو قودرەتی تەواوو کەلامی ئەزەلیو لایەزالی لەسەر حەیاتی قەدیمەی ئەزەلیەی ئەبەدیە نەك لەسەر حەیاتی حادیثەی بڕاوە •

جا هەرچەن جەمادات خاوەن کەلامو خاوەن تەسبیحات بن بە عادەت ڕێگەی ئیستیدلالی زانایانی ئوصوول تێك ناچێ؛ چونکی دەلیلەکەیان عیلمو قودرەتو کەلامی کاملەو مەدلوولەکەیش حەیاتی قەدیمەیە • کە وابێ ئەگەر کەلامێکی مەحدوودو تەسبیحی بێتە جێگە لە شتێکدا (ظاهرا) لە جەمادات بێو لە واقیعا بەشێ لە حەیاتی حادیثەی تێدا بێ

بە قەی ئەو ئاثارە ئەوا هەرگیز موعارەضەی ئیستیدلالی زانایانی ئوصوولی دین ناکا .



★ (وإذا قَرَأْتَ القُرْآنَ جَعَلْنا بَيْنَكَ وبَيْنَ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بالآخِرَةِ حِجاباً مَسْتوراً) (٤٥) ★

هەر کاتێ تۆ قورئانی پیرۆز بخوێنیتەوە بەسەر ئادەمیزادێکدا کە باوەڕیان بە قیامەت نیە وە بۆیەت خوێندەوە کە فامی بکەن‌و باوەڕی پێ بکەن‌و ئیمان بێنن دروست ئەکەین لە بەینی تۆو لە بەینی ئەوانا پەردەیەکی وا کە داپۆشراوە لە بەرچاواو مانیعە لە فامی ئەو قورئانەو سوود لێوەرگرتنی‌و ئیمانپێهێنانی .

وە ئەو پەردە یا فریشتەیەکە ، یا لابردنی هێزی بیستن‌و بینینە ، یا غەیری ئەمانە لەوانە وان لە عیلمی خودادا وەکو سەلبی زانست لە کافرەکان .

★ (وجَعَلْنا عَلَى قُلوبِهِمْ أكِنَّةً أنْ يَفْقَهُوهُ وفِي آذانِهِمْ وَقْراً ، وإذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي القُرآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أدْبارِهِمْ نُفُوراً) (٤٦) ★

وە دامان ناوەو دائەنێین لەسەر دڵی ئەو بێئیمانە موعانیدانە چەن پەردەیەکی وا کە مانیع بن لە فامی حەقیقەت ، وە لە ناو گوێچکەیشیانا کەڕی‌و گرانیەکی زۆر دائەنێین بۆ ئەوە کە کەلامی حەق بە راستی نەبیسن ، وە کاتێ ناوی خودای خۆت ئەبەی لە قورئانا بە تەنیایی‌و بە بێ ناوی بتە بەتاڵەکان هەڵئەسووڕێن بە دوای خۆیاندا لەبەر ناڕەزایی‌و نەتەویسی ئەو کەلامە بیستوویانە .

وە مەعلوومە ئەوەی کە خودا ئەیکا بەرابەر بەو کافرانە لەبەر ئەوەیە کە بە درێژی کات بەرانبەرکێو بێشەرمییان دەربڕیوە لەگەڵ حەزرەتا (د) وە خودایش قاری لێ گرتوون •

★ (نَحْنُ أعْلَمُ بِما يَسْتَمِعونَ بِهِ إذْ يَسْتَمِعونَ إلَيْكَ وإذْ هُمْ نَجْوى إذْ يَقولُ الظّالِمونَ : إنْ تَتَّبِعونَ إلاّ رَجُلاً مَسْحوراً !) (٤٧) ★

ئێمە زاناترین لە تۆ بەو شتە کە گوێ رائەگرن لە یەك بە هۆی ئەوەوە کە بریتیە لە گاڵتەکردن بە تۆو بە دینەکەتو بەو قورئانە ئەیخوێنیتەوە لەو کاتەدا کە گوێت لێ رائەگرن ، وە لەو کاتەدا کە لە ناو خۆیانا وتووێژ ئەکەن بە پەنامەکی لەو کاتەدا کە کافرە ستەمکارەکان یەك بە یەك ئەڵێن : ئەگەر ئێوە بکەونە شوێنی ئەم شەخسە ئەکەونە شوێن پیاوێکی جادولێکراوی دڵتێکچووی دەماخ زایەبو •

★ (انْظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الأمْثالَ فَضَلُّوا فَلا يَسْتَطِيعونَ سَبِيلاً) (٤٨) ★

جا بڕوانە ئەی رەهبەری بەرزو ورد بیەرەوە بە دڵ کە ئەو کافرە بێ شوعوورانە چلۆن (مشبەبە)یان بۆ تۆ باس کرد ، جار جار بە شاعیر ، جار جار بە کاهین ، جار جار بە شێتو بێ عەقڵ باست ئەکەنو نافامن قورئان هۆنراوە نیە ، وە تۆ ئینسانێکی طەبیعەت پەستی کاهین مەشرەب نیت . وە نە دێوانەیەکی دوور لە فامی حەقیقەت بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمانەوە

لە هەر باسێکدا ناوت بێتەدەر
پێغەمەرێکی سەربەرزی رەهبەر

بەڵام ئەمانە بە جۆرێ گومڕا بوون ناتوانن بێنەوە سەر رێگەی راست •

★ (وقالُوا : أئِذا كُنَّا عِظاماً ورُفاتاً أءِنَّا لَمَبْعوثُونَ خَلْقاً جَدِيداً ؟!) (٤٩) ★

وە غایەتی شوبهەیان ئەوەیە کە لە لایان دوورە لە پاش مردن زیندووبینەوە وە ئەڵێن : ئایا ئێمە لەو کاتەدا بووین بە ئێسقانی کۆنو دارزاین بە یەکا ئایا پاش ئەوە ئێمە زیندووئەکرێینەوە بە شێوەیەکی تازە ؟!

★ (قُلْ : كونُوا حِجارَةً أوْ حَدِيداً (٥٠) أوْ خَلْقاً مِمَّا يَكْبُرُ في صُدُورِكُمْ) ★

تۆ پێیان بفەرموو ئەی رەهبەری حەق : حەز ئەکەن بین بە بەرد ، یا بە ئاسن ، یا بە هەر جۆرە شتێ کە زۆر لە دڵتانا گەورەیەو قابیلی دەس لێدان نیە ، هەر خودا تەوانایە زیندووتان بکاتەوە •

★ (فَسيقُولونَ : مَنْ يُعِيدُنا ؟ قُلِ : الَّذِي فَطَرَكُمْ أوَّلَ مَرَّةٍ) ★

جا پاش ئەوە کە پێت راگەیاندن کە ئێوە بەرد بن یا ئاسن بن قابیلن بۆ زیندووکردنەوە •• ئەڵێن : کێ زیندوومان ئەکاتەوە ؟ تۆیش لە وەڵامیانا بڵێ : ئەو کەسە زیندووتان ئەکاتەوە کە ئەوەڵ جار لە نەبوون دروستی کردوون •

★ (فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُؤُسَهُمْ ويَقُولُونَ : مَتى هُوَ ؟
قُلْ : عسى أنْ يَكُونَ قَرِيباً) (٥١) ★

جا پاش ئەو جوابەیش سەر بائەدەنو بە گاڵتە کردنەوە ئەڵێن : ئەو زیندووکردنەوە کەی ئەبێ ؟! تۆ پێیان بڵێ : هیوا وایە ئەو کاتــە نزیك بێ •

★ (يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وتَظُنُّونَ إنْ لَبِثْتُمْ إلاَّ قَلِيلاً) (٥٢) ★

جا ئەمجار بە شێوەی لادان لە وتار لەگەڵ کافران بۆ لای موسوڵمانان ئەفەرموێت بە موسوڵمانەکان : کاتی زیندووبوونەوەتان رۆژێکە کە خودا بانگتان ئەکا بۆ ئەوە حازر بین بۆ حسێبو کتێب لەســەر کردەوەو ئێوەیش قەبووڵی ئــەو بانگە ئەکەنو راستئەبنەوە لەگەڵ سوپاسی خوداداو وا ئەزانن کە لە دنیاداو لە بەرزەخی ناوبەینی دنیــاو قیامەتــا ماوەیەکی کەم نەبێ نەماونەتەوە • وە لــەو رۆژەیشا کە راست ئەبنەوە زیکرتان ئەوەیە ئەڵێن : (سبحانك اللهم وبحمدك) •

★ (وقُلْ لِعبادِي : يَقولُوا الَّتِي هِيَ أحْسَنُ ، إنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ ، إنَّ الشَّيْطانَ كانَ لِلإِنْسانِ عَدُوّاً مُبِيناً) (٥٣) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بــە بەندە موسوڵمانەکانم بڵێ : با قسەی جوانو نەرمو موناسب بکەن لەگەڵ کافرە موشریکەکاناو بــە شێوەیەکی جوانتر لە هەموو شێوەیێ ؛ چونکی هەمیشە شەیتان بــۆ هەڵ ئەگەڕێ کە فیتنەو ئاشووب بەرزەوەکا لــە ناو بــەینی موسوڵمانو

کافرا ، بە راستی شەیتان دوژمنێکی دیاری‌و ئاشکرای موسوڵمانانە •

★ (رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ إِنْ يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِنْ يَشَأْ يُعَذِّبْكُمْ ، وَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً) (٥٤) ★

وە ئـەو وتارە کە ئەیکەن لەگەڵ کافرەکانا ئەمەیە بڵێن : خودای ئێوە زاناترە بە ئەحواڵی ئێوە ، ئەگەر خواستی ببێ رەحمتان پێ ئەکاو شارەزاتان ئەکا بۆ رەفتار بە رێگەی راست ، یـا ئەگەر خواستی هەبێ سزاتان ئەدا : وە ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆمان رەوانە نەکردوە بۆ سەر ئەوان بە کەسێکی وا هەموو ئیشێکیان هەواڵەی تۆ بێ •

★ (وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُدَ زَبُوراً) (٥٥) ★

نەك تەنیا بە حاڵی ئەو کافرانە بەڵکو خودای تۆ زاناترە لـە ئێوە بە هەر کەسێ کە وا لە ئاسمانەکانا یا وا لە عەرزا لە : پێغەمەرانو غەیری پێغـەمەرانو ، لـە موسوڵمانانو کافـران ، وە ئـەم ئادەمیزادانەیشم وا دروست کردوە کە بازێکیانم کردوە بە پێغەمەر بۆ لای بازێکیانو لـەو پێغەمەرانەیشدا بازێکمان پایـە پێداوە بەسـەر بازێکدا ، وە زەبووریشم داوە بە داودو داود پێغەمەرەو گومان مەبەن کە کەسێ گەورەیی‌و سەرۆکی ببێ نابێ بـە پێغەمەر ، نەخەیر خـودا خۆی ئـەزانێ کێ هەڵئەبژێرێ بۆ گەورەیی لە دنیادا یا لە دینا •

★ (قُلِ : ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِهِ فَلا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنْكُمْ وَلاَ تَحْوِيلاً) (٥٦) ★

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە غەیری خـودا

ئەپەرستن ، وەکو عیسای مەسیحو عوزەیر ، : هاوار ببەن بۆ لای ئەوانە
کە گومانیان پێ ئەبەن بە گەورەیی لە غەیری خودا ، بزانن ئەوانە هیچ
کارێکیان پێ ئەکرێ بـە بێ خواستی خودا ؟ (حاشا وکلا !) بە هیچ
شێوەیێ ناتوانن هیچ زیانێ لە ئێوە دوور بخەنەوە یان شتێ لـە سـەر
ئێوە لادەنو بیدەن بە سەر یەکێ تردا •

★ (اولئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إلى رَبِّهِـمُ الوَسِيلَةَ
أيُّهُـمْ أقْرَبُ ، ويَرْجُونَ رَحْمَتَهُ ويَخافُونَ عَـذابَهُ ، إنَّ
عذَابَ ربِّكَ كانَ مَحْذُوراً) (٥٧) ★

وە ئەو ئادەمیزادە موبارەکانە کە ئەو کافرانە عیبادەتیان بۆ ئەکەنو
بانگیان ئەکەن بۆ چاری ئازارو وەرگرتنی فەڕو پیت خۆیان ئەگەڕێن بە
دوای شتێکدا کە نزیکیان بکاتەوە لەو خودا کامیان کە بە بیری خەڵکی
نزیکترە لە خوداوە هەموو وان بە دوای طاعەتێکەوە کە بیانگەیەنێ بە
رەزای خوداو هیوای رەحمەتی خودایان هەیەو بیمیان لە سزای خـودا
هەیە . وە حەقیشیانە کە بترسن لە سزای خودا ؛ چونکی سزای خودا
بە راستی نابارو ناهەموارەو مەترسی لێ ئەکرێ •

★ (وإنْ مِنْ قَرْيَةٍ إلاَّ نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيامَةِ
أوْ مُعَذِّبُوهـا عَـذاباً شَـدِيداً ، كـانَ ذلِـكَ في الْكِتَـابَ
مَسْطُوراً) (٥٨) ★

وە ئەم یاخیبوونو سەرکێشیە هەر بۆ ئەم کافرانی مەکەو دەورو
بەری مەکەیە نیە . بەڵکو هەموو تاقـمو چینێ لـــە ئادەمیزاد کاتێ
دەستەڵاتیان پەیداکردو ماوەیێ خودا نیعمەتو دارایی باراند بە سەریانا

دەست ئەکەن بە لادان لە یاسای دادگەری • جا لەسەر ئەم وەزعە پڕیارمان داوە کە هیچ ئاوەدانیەکی خاوەن دەستەو بەستەو قەرەباڵغ نیە لە دنیادا ئیللا ئێمە ئەو قەرەباڵغەو خەڵکی ئەو ئاوەدانیە لە ناو ئەبەین و ریشەکەنیان ئەکەین لە پێش رۆژی قیامەتا ، یا سزایان ئەدەین بە سزادانێکی زۆر سەختو نابار ، وە ئەم رووداوانە هەموو لە (لوح المحفوظ)دا نووسراونو هەموویشیان وەرگرتنی تۆڵەی لادانە لە یاسای راستی خوداییو پاڵدانەوەیە لەسەر هێزی دنیا بە جۆرێ کە شیعاریان ئەمە بێ : یاسای جیهان ئەمەیە کە خاوەن هێز بێ‌هێزەکان بخوات •

★ (وما مَنَعَنا أنْ نُرْسِلَ بِالآياتِ إلاّ أنْ كَذَّبَ بِها الأَوَّلُونَ) ★

ئێمەی مەنع نەکردوە لەوە کە ئەو موعجیزانە بنێرین کە کافرەکان داوای ئەکەن وەك : ناردنی فریشتە ، یا دەرخستنی باخی دڵگوشادی عالەمی بۆ ئەوان ، ئەوە نەبێ کە ئوممەتە پێشوەکان کاتێ ئایەتیان بۆ دەرئەخرا بە درۆیان ئەخستەوەو ئێمەیش ریشەکێشمان ئەکردن ، وە ئێستە ئەگەر ئەو ئایەتانە دەربخەم بۆ ئەهلی مەکە ئەزانم ئەوانیش بە درۆی ئەخەنەوەو منیش لەسەر یاسای خۆم ریشەکەنیان ئەکەم • وە خواستیشم لەسەر ئەوە نیە ؛ چونکی لە نەتەوەی ئەوانە گەلێ ئینسانی باش دروست ئەکەم •

★ (وآتَيْنا ثَمُودَ النّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا بِها) ★

ئەوە بو ئێمە دامان بە قەبیلەی (ثەمود) ئەو موعجیزە کە داوایان کرد وەکو وشترێکی مێچکە لەگەڵ بەچکەیەکدا ، وە حاڵی ئەو وشترە وەها بو کە موعجیزەیەکی دیاریو رووناك بو ، کەچی هۆزی ثەمود ستەمیان کردو خۆیان تووشی تۆڵە کرد بە پەی‌کردنی ئەو وشترەوە •

★ (وما نُرْسِلُ بِالآياتِ إلاّ تَخْوِيفاً) (٥٩) ★

وە ئیستە کاتێ بازە ئایەتێ بنێرین بۆ قەومی مەکە وەکو گرانیو قاتیو رووداوی بەدرو بازە شتێکی وەها .. نای‌نێرین بۆ ترساندنی ئەهلی مەکە نەبێ . ئەنا ئەگەر ئایەتە گەورەکان بنێرینو قەومەکە ئینکاری بکەن ئەو قەومە لە ناو ئەبەین .

★ (وإذْ قُلْنا لَكَ إنَّ رَبَّكَ أحاطَ بِالنَّاسِ) ★

وە تۆ باسی ئەوە بکە کە چەن جار بە تۆم وتوە بە راستی خودای تۆ ئیحاطەی داوە بە ئادەمیزاداو دەورەی داونو هەموو وان لە قەبزەی قودرەتی ئەوا . هەرکاتێ خواستم بێ ئەتوانم سزایان بدەم بەلاّم لەبەر ئەوە بڕیاری ئەوەم داوە ئەیانفەوتێنم تەئجیلی ئەو سزایەم کردوە .

★ (وما جَعَلْنا الرُّؤْيا الَّتي أرَيْناكَ إلاَّ فِتْنَةً لِلنَّاسِ والشَّجَرَةَ المَلْعُونَةَ في القُرْآنِ) ★

وە ئەو خەوەی کە نیشانی تۆمان دا وەکو خەوبینین بێ بەوە کە ئەڕۆنە مزگەوتی حەرامی مەکەوە لەگەڵ یارانا کردمان بە فیتنە بۆ بسازە کەسێ کە ئیسانیان لاوازە لە بەر ئەوە کە بە هۆی گەڕانەوەتان لە جاری یەکەمدا دەستیان کرد بە قسەو باسو بە درۆخستنەوەی تۆ .

هەروا باسی ئەو درەختە ناهەموارە دوور لـە رەحمەتی ئێمە وەکو داری (زقـوم) بێ کـە لـە ناو دۆزەخا ئەیڕوێنین ئەویشمان کـرد بـە فیتنە بۆ بزێ بێ عەقڵ کە ئەیگوت : چۆن داری تەڕ لـە ناو ئاگردانا ئەڕوێت ؟ وە نازانێ دەستەلاّتی من لەوانە بالاّترە .

★ (وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ طُغْيَاناً كَبِيراً) (٦٠) ★

وه ئەو قەومی تۆیە هەر لەسەر ئەو حاڵی خۆیانە ماون و عەقڵی ساغ ناخەنە کارەوە ، بۆیە هەرچەن ئەیان‌ترسێنم قەت پەند وەرناگرن و بیر ناکەنەوەو ڕێگەی ڕاست ناگرن ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر یاخی ئەبن و سەرپێچی زیادەیان لێ پەیدا دەبێ • جا ئەمە هەڕەشەیەو مانای ئەمەیە ئێمە کەسمان لە دەس دەرناچێ جا با پێیان هەڵبکێشن و دەست بکێشنەوە لە کاری نابار ئەگەرنا تاڵاوی کزی ئەبەین بە دەمیانا •

★ (وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ : اسْجُدُوا لِآدَمَ ، فَسَجَدُوا إِلاَّ إِبْلِيسَ ، قَالَ : أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِيناً ؟!) (٦١) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە وتمان بە فریشتەکان : سوجدەی ڕێز ببەن بۆ ئادەم ـ باوکی ئادەمیزاد ـ ئەوانیش هەموو سوجدەیان برد ئیبلیس نەبێ ، ئەو سوجدەی نەبردو بە ڕووی ڕەخنەگرتنەوە وتی : ئایا من قەت سوجدە ئەبەم بۆ ئەو کەسەی کە تۆ لە گڵ دروستت کردوە ؟!

★ (قَالَ : أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ ؟ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلاَّ قَلِيلاً) (٦٢) ★

جا شەیتان بۆ حاڵی‌بوون لە کاکڵەی فەرمانی خودا وتی : ئاگادارم بکە لەم ئینسانە کە تۆ گەورەیی و پایەت پێداوەو گەورەت کردوە بەسەرما بۆچی و بە چ یاسایێ پایەت پێدا بەسەر ئێمەدا کە لە مایەی نازك دروست کراوین ؟ بەڵام ئەگەر شوعووری خاوەن نووری ببوایە لە پاش ئیقرار کردن بەوە کە خودا ئەوانی لە مایەی نازك دروست کردوەو ئادەمیشی لە گڵ دروست کردوەو تەوانای بوە لە مادەی بێ نوور شتێ دروست بکاو

بیگەیەنێ بە پایەیەکی وەها بیکا بە (خلیفة الله) لە عەرزا ئەیزانی کە ئەو فەرمانە بێ حیکمەت نیەو ئیتر ئەو پرسیارو رەخنەکاریە نەدەکرد •

جا بە تەئکیدەوە وتی : ئەگەر مۆڵەتم بدەی تا رۆژی قیامەت هەرچی نەتەوەی ئادەم هەیە هەموویان ریشەکەن ئەکەم بـــە گومڕاکردنیان ، وە هەموویان ماڵوێران ئەکەم بـــە هەوای ناڕەوای ئارەزووبازیەوە مەگەر کەمێ لەوان کە دەرەقەتی نەیەم لەبەر راستیو راساڵی •

★ (قالَ : اذْهَبْ فَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَاؤُكُمْ جَزَاءً مَوْفوراً) (٦٣) ★

خودا فەرمووی : بڕۆ لەوە زیاتر مەدوە ! من ئادەمو ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروست کردوە بەندەی ساغو سافی خۆم لە ئینسانی بێ نرخو مایە جیا بکەمەوە ، دەی هەرکەسێ ئەوەنە بێ مایە بێ بکەوێتە دوای تۆ کە یەکەم هەواپەرستی بزانە ئەوە دۆزەخ جەزای ئێوەیە تابیعو مەتبووع بە جەزایەکی رەساو پیاگەیشتوو •

★ (واسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ ، وأجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ ورَجِلِكَ ، وشارِكْهُمْ في الأمْوالِ والأوْلادِ ، وعِدْهُمْ ، ومَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطانُ إلاَّ غُروراً) (٦٤) ★

وە سووك راپەڕێنە لەوان هەرکەسێ کە ئەتوانی رایپەڕێنی بـــە دەنگدانی خۆت ، وە هەرا بکە بە سەریانا بە سوارەو پیادەی خۆتەوەو ببە بە شەریکیان لە داراییاندا بە گردکردنەوەی لە حەڵاڵو حەرامو پاكو پیس . وە لـــە نەتەوەدا بـــە هۆی ناڕەوایی بەخێوکردنیان بە حەڵاڵو

حەرام‌و موبالات نەکردن بــە رەوایی یاسای مارەکردنی دایکیانەوەو گوێ‌نەدان بـە مانەوەی عیصمەتی شەرعی‌و نەمانەوەی ؛ وە بـە تەرکی تەمێ‌و تەربیەو رووکردنیان لە ئایینی خودایی وە بە هۆی ختەدانیان بـۆ بیرو باوەڕی نابارو کردەوەی ناهەموارەوە ، وە فوو بکەرە کەللەیانەوە بە ئارەزوو نیشاندانی بێ بایەخ هەتا هێزت تێدایە ؛ وە لە واقیعا ئیبلیس وادە نادا بـە کەس بـە بایی‌کردن‌و جوان‌کردنی شتی ناشیرین نەبێ لـە بەر چاویانا •

★ (إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ وَكَفَى بِرَبِّكَ وَكِيلاً) (٦٥) ★

به راستی ئەوانەی کە بـە بێ قەیدو شەرت‌و بـە بێ هەواو مەرج بەندەی خودای خۆیانن بۆ تۆنیە رێگەی زاڵبوون بە سەریانا ئەوان وان لە ئاسماناو تۆ وای لە عەرزا . تۆ وای لە پایەی پەستاو ئەوان لە پایـەی بەرزا وە خودا بەسەو کافیە بۆ ئەوە ببێ بە پەنای هات‌و هاواری ئەوان ئەو خودای تەوانایە کە پەروەردگاری تۆیە •

★ (رَبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيماً) (٦٦) ★

پەروەردگاری ئێوە ئـەو کەسـەیە کەشتی رەوان ئەکا بـە هـەوا لە دەریادا بۆ ئەوە کە ئێوەکەسبی نیعمەتی ئەو بکەن لـە عەینی دەریاکانا وە یا لەو بەندەرانەدا کە ئێوەی پێ ئەگەن . بە راستی ئەو پەروەردگارە میهرەبانە بۆ ئێوە •

★ (وإذا مَسَّكُمُ الضُّرُّ في البَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إلاَّ إيَّاهُ ؛ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إلى الْبَرِّ أعْرَضْتُمْ ؛ وكانَ الإنْسانُ كَفُوراً) (٦٧) ★

وە کاتێ کە لە دەریادا زەحمەتو بیمی خنکانتان پێبگات کەس لە دڵتانا نامێنێ هاواری بۆ ببەن ئەو خودا نەبێ ، کەچی کاتێکیش رزگارتان ئەکاو ئەگەنە وشکانی لە فەرمانی ئەو خودا لائەدەنو ناسوپاسی ئەکەن ؛ وە لە واقیعا ئادەمیزاد هەروا ناسوپاس بوە •

★ (أفَأمِنْتُمْ أنْ يَخْسِفَ بِكُمْ جانِبَ البَرِّ أوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حاصِباً ثُمَّ لاَ تَجِدوا لَكُمْ وكِيلاً ؟) (٦٨) ★

ئایا هەر بەوە کە لە دەریا دەرچوون ئیتر ئەمینن لەوەی کە خودا تەنیشتی وشکانی عەرزتان پێوە بباتە خوارەوەو لەناوتان ببا ، یاخود بایەکی بە هێزو توندو تاوی بەردو لم هەڵگر رەوانە بکاتە سەرتان کە وردە بەردی دنیاتان بەسەرا ببارێنێ هەتا ئەتانشارێتەوە لە ژێریاو لە پاش ئەوە کەستان دەست نەکەوێ پەنای بۆ ببەن کە لە ژێر ئەو بەردانەدا دەرتان بکا ؟

★ (أمْ أمِنْتُمْ أنْ يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً اُخْرى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قاصِفاً مِنَ الرِّيحِ فَيُغْرِقَكُمْ بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لاَ تَجِدُوا لَكُمْ عَلَيْنا بِهِ تَبِيعاً ؟) (٦٩) ★

یا خەیر ئەمینن لەوە کە جارێکی تر لەبەر ناچاری پەیداکردنی ژیوار خودا بتانباتەوە بۆ ناو کەشتی لەسەر دەریادا ، جا ئەمجار بایەکی بە هێزی مادەشکێن بنێری بۆ سەرتانو کەشتیەکەتان هەڵگێڕێتەوەو

بتان‌خنکێنێ لە دەریادا بە هۆی ئەو ناسوپاسیانەوە کە کردتانن ، جا پاش ئەم کارەساتە کەستان دەس نەکەوێ ، واتە کەس نەمێنێتەوە کە بکەوێتە دوای داوای تۆڵەی لەش‌و بەشی لە ئاوا ون بوەکەتان • کە ئێمە ئەوەندە تەوانایین بۆ بیرێ ناکەنەوە ؟

★ (ولَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وحَمَلْنَاهُمْ فِي البَرِّ والبَحْرِ ورَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً) (٧٠) ★

وە ئەم ئادەمیزادە نابارانە کە وەها ناسوپاسی ئەکەن وە نەبێ کە من خزمەتم نەکردبن ؛ بەڵکو بە راستی ئێمە کەرامەت‌و پایەمان دا بە ئادەمیزاد بەوە کە هەیکەڵ‌و قەوارەی جوانمان پێداو میزاجێکی ساغمان دروست کرد لە لەشیاو هۆش‌و گۆش‌و بینایی‌و تەوانایی‌و خواهش‌و خواستگاریمان پێدان‌و هێزی ژیان‌و ژیوارمان بۆ کرد بە ماڵ‌و شارەزامان کردن بۆ زانیاری‌و پیشەکاری‌و هەڵمان‌گرتن لە وشکانا لە سەر پشتی گیانداری باردبەری ماوە تەی‌کەر ، وە لە هەموو ژیوارێکی دڵخوازی باشمان دانێ‌و پایەمان پێدان بەسەر گەلێ لەوانەدا کە دروستمان کردوون بە گەورەکردنێکی باش ، کەچی بەرابەر بەم هەموو نیعمەتە کە پێمان داون ئەوە ئەکەن کە ئەوان خۆیان ئەیزانن •

★ (يَوْمَ نَدْعُو كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَامِهِمْ ؛ فَمَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَأُولَئِكَ يَقْرَؤُنَ كِتَابَهُمْ ولاَ يُظْلَمُونَ فَتِيلاً) (٧١) ★

بەڵام خۆ ئەم ئادەمیزادانە لە دەستی من دەرناچن‌و جەزایان ئەدرێتەوە لەو رۆژەدا کە هەر تاقمە ئادەمیزادێ بە ناوی پێشەواکانیانەوە

بانگ ئەکەین وە فریشتە بانگ ئەکا : با پەیڕەوانی فلان پێغەمەر یا فلان رەهبەر بێن بۆ مەیدانی حسێبو دەفتەری خۆیان وەربگرن ، جا **هەرکەسێ** لەوان کە کتێبی پیرو باوەڕو کردەوەی خۆی بدرێ بە دەستی راستیەوە ئەوە ئەوانە لەبەر خۆشحاڵیو شادمانی بەوەی ئەیبینن لەو کتێبەدا ؛ ئەو کتێبی خۆیانە ئەخوێننەوەو بە قەی پەردەی سەر ناوکە خورمایێ ستەمیان لێ نەکراوەو ناکرێ •

★ (وَمَنْ كَانَ فِي هَذِهِ أَعْمَى فَهُوَ فِي الْآخِرَةِ أَعْمَى وَأَضَلُّ سَبِيلًا) (٧٢) ★

وە هەرکەسێ لەوان کە لەم دنیادا کوێر بووبێ لە راستیو رێگەی راستی نەگرتبێ ئەوە لەو رۆژەدا کاتێ کتێبەکەی لە لای چەپەوە پێدرا گەلێ کوێرترو گومڕاترەو کتێبەکەی بە درژیو زویری وەرئەگرێو بۆی ناخوێنرێتەوە •

★ (وَإِنْ كَادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُ وَإِذًا لَاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا) (٧٣) ★

بە راستی نزیك بو ئەو کافرە بەدبەختە خاوەن فڕو فێڵانە دڵت تێك بدەنو لات بدەن لە بازێ لەو حوکمانە کە وەحیمان کردوە بۆ لای تۆ تا لەسەر دڵخوازی ئەوان غەیری ئەو حوکمانە نیسبەت بدەی لە خودای تەعالا ؛ وە ئەگەر موافەقەی ئەوانت بکردایە بە قسەی خۆیان ئەیانگرتی بە دۆستی ماوەی ژیانیان •

★ (وَلَوْلَا أَنْ ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا) (٧٤) ★

: وە ئەگەر ئێمە بەو عیصمەتە داومانە بە تۆو بەو حیکمەتە کە وا نە دنناری دڵی رووناك کردووی تۆمان لەسەر حەق دامەزراو نەکردایە نزیك بو کەمێ مەیل بکەی بە لایانا ، واتە لە بازە ئادابێکدا! کە داخڵی عەقیدەی ئیسلام نەبێو زیاتێکی گشتی تیا نەبێ ؛ وەکوو تەفضیلی قەبیلەیێ بەسەر قەبیلەیەکدا •

★ (إذاً لأذَقْناكَ ضِعْفَ الحَياةِ وضِعْفَ المَماتِ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنا نَصِيراً) (٧٥) ★

وە ئەگەر ئەو کەمە مەیلەت بکردایە بە لایانا پێمان ئەچەشتی زەعیفی لە ژیانتا ؛ چونکی باوەڕی خەڵك کز ئەبو پێت ، وە ضەعیفی کاتی مردنو پاش مردن ؛ چونکی تاوانی بچووکی نزیکانی بارەگا تاوانێکی گەورەیە وە بازێ کاری باش بۆ ئینسانی باشی عادەتی تاوانە بۆ مەحرەمانی حوزووری خودای تەعالا وە پاش ئەوە کەستان دەس نەدەکەوت ببێ بە یارمەتیدەری تۆ •

عەتا ریوایەتی کردوە لە ئیبنو عەباسەوە ـخـ کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی پۆلێ لە هۆزی (ثقیف)دا هاتن بۆ لای حەزرەت ـدـ و گەلێ شتیان داوا کرد مەعقوولو نامەعقوول ؛ ئەیانوت : ئەو عەرزی ئێمەیشە بکە بە وێنەی عەرزی حەرەمی مەکە نە داری نەگیانداری نە گیای دەستیان بۆ نەبرێ ، وە سالی جارێکیش ئیزنمان بدە بڕۆین بۆ زیارەتی بتەکەمان کە ناوی (لات)ە ، وە پایەی ئێمە بەرز بکە بەسەر پایەی باقی دەورو پشتی خۆمانا ••• وە گەلێ هاتوچۆیان کرد لەم بابەتەوە کە ئەگەر لوطفی خودا نەبوایە حەزرەت موافەقەی بکردایە لەسەر ئەوە کە ثەقیف گەورەترن لە باقی عەرەبی دەوریان • جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد •

★ (وإنْ كادُوا لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ الأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْها وإذاً لا يَلْبَثُونَ خِلافَكَ إلاَّ قَلِيلاً (٧٦) سُنَّةَ مَنْ قَدْ أَرْسَلْنا قَبْلَكَ مِنْ رُسُلِنا ولاَ تَجِدُ لِسُنَّتِنا تَحْوِيلاً) (٧٧) ★

بە راستی نزیك بو كافرەكانی مەكە بێ ئارامت بكەن لە عەرزی مەكەدا بۆ ئەوە كە دەرت بكەن ، وە ئەگەر ئەوەیش بكەن ئەوان لەپاش دەرچوونی تۆ نامێننەوە لە ولاتا ماوەیەكی كەم نەبێ ، وە ئەمە رەفتاری منەو یاسای ئەو پێغەمەرانەیە كە لە ولاتی خۆیانا ئازار دراونو دەركراون پاش دەرچوونی ئەوان ئومەتەكەیشیان لەناوچوون ، وە بۆ ئەم یاسای دامەزراوی ئێمە گۆڕانت دەس ناكەوێ •

ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لەو كاتەدا كە موشریكەكان كەوتنە گردەوەبوونو راوێژكردن لەسەر ئازاردانی حەزرەت بۆ ئەوە بیكوژن یا دەری بكەن ، وە بە رەغمی ئەوە كە حەزرەت بە فەرمانی خودا لە مەكە كۆچی كرد ، بەلام هەر لەبەر هێرشی فیتنەی ئەوان خودا ئەمری دا بە كۆچكردنی حەزرەت ـد وە فیعلەن كۆچی كرد • وە لە پاش كۆچكردنی ئەویش كافرەكان بازێكیان لە جەنگی بەدرا كوژرانو باقیەكانیشیان ئەو شافەیانە نەماو (كانە) هەموویان فەوتان •

بێجگە لەوە فەتحی مەكە وەكو دەركردنی مەكەییەكان بو لە ولاتی خۆیان ؛ چونكی غەیری ملكەچیكردن هیچیان بۆ نەماوە •

وە ئەو ریوایەتە كە گۆیا حەزرەت لەسەر تەرغیبو تەشویقی یەهوودی مەدینە ویستی بڕوا بۆ شام هەتا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە جا حەزرەت عەزمی لەسەر ئەو كۆچە تێكچو •• لە (روح المعاني)دا بە بەتالی دائەنێ •

★ (أَقِمِ الصَّلاةَ لِدُلوكِ الشَّمْسِ إلى غَسَقِ اللَّيْلِ وقُرْآنَ الفَجْرِ إنَّ قُرْآنَ الفَجْرِ كانَ مَشْهوداً) (٧٨) ★

نوێژی خۆت بەجێبێنە لە کاتی لادانی ڕۆژ لە خەتی نیوەی ڕۆژدا هەتا کاتی تاریکی شەو ، وە نوێژی کاتی دەرکەوتنی سبەینێش بەجێبێنە ؛ چونکە بە ڕاستی نوێژی بەیانی نوێژێکە فریشتەکانی شەوو ڕۆژ هەموو تیایا یەك ئەگرن • جا لەم ئەندازەدا نوێژی نیوەڕۆو عەصرو مەغریبو عیشاو بەیانی هەیە •

★ (ومِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نافِلَةً لَكَ عَسى اَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقاماً مَحْموداً) (٧٩) ★

وە لە بازێ لە کاتەکانی شەویشدا تەرکی خەو بکە بۆ نوێژکردنو نوێژی تێدا بکە بە فەرزی زیاد لە پێنج فەرزە بە تایبەتی بۆ بەرزی پایەی تۆ ؛ هیوا هەیە لە ئەنواری ئەم طاعەتو عیبادەتە دائیمەدا خودا لە ڕۆژی قیامەتا ڕەوانەت بکا بۆ مەقامێو بۆ شوێنو پایەیەکی تاریف‌کراوی بڵند لە لای خودادا کە مەقامی (شەفاعەتی گەورەیە) لە قیامەتا •

★ (وقُلْ : رَبِّ أدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وأخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ واجْعَلْ لِي مِنْ لَدُنْكَ سُلْطاناً نَصِيراً) (٨٠) ★

وە بپاڕێرەوە لە خودا بڵێ : یا ڕەبی بە میهرەبانیو کەرەمو ئیحسانی خۆت داخڵی شاری مەدینەم ئەکەی باشی بکە ، وە دەرم ئەکەی لە مەکە با دەرچوونێکی باش بێ ، وە یا ئەمخەیتە قەبرەوە بە ڕەزاو ڕەحمەت وە لە قەبریشم دەرئەکەی بۆ ڕۆژی حەشر با دەرچوونێکی باش بێ ، وە ئەمخەیتە ناو هەر کارێکەوە باش بمخە ناوی ، وە کاتێ لەو کارەیش

دەرت‌کردم یا باش بێ‌و هێزێکی یارمەتیدەرم لە لایەنی خۆتەوە بۆ بڕیار بدە بۆ ئەوە کە فەتحی مەکە بکەم لە پاش دەرچوونم بۆ مەدینە ، یاخود بۆ ئەوە کە (مهمە)ی بلاوکردنەوەی ئیسلام تەواو بکەم •

★ (وقُلْ : جاءَ الْحَقُّ وزَهَقَ الباطِلُ إنَّ الباطِلَ كانَ زَهُوقاً) (٨١) ★

وە لە جێگەی باسی نیعمەتی خودادا کاتێ کە فەتحی مەکەت کردو ڕۆیشتیتە ناو کەعبەوە بڵێ : وا بە ڕاستی دینی ئیسلام هات بۆ بەیت لە پاش ئەوە کە بتپەرستەکان ماوەیێ داگیریان کردبوو ، وە دینی پووچ کە بتپەرستیە دەرچو بە ڕاستی شتی پووچ هەر دەرچوەو دەرچوون نەبێ هیچی بۆ ناشێ •

وە یاخود شیعاری وتارت لە موناسەباتا ئەم ئایەتە جوانە بێ : (جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل كان زهوقا) •

ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و مەسعوودەوە ـخـ کاتێ حەزرەت ـدـ فەتحی مەکەی کرد ڕۆیشتە ناو حەرەمی کەعبەوە وە لەو کاتەدا سێصەدو شەصت بتی تێدا بو عاسایەکی بە دەستەوە بو ئەیکرد بە چاوی بتەکاناو ئەیفەرمو : (جاء الحق وزهق الباطل •••)وە بتەکان ئەکەوتن ، هەتا هەموو بتەکانی خست • وە بتی قەبیلەی (خزاعە) لە سەر بانی کەعبە بو لە مس دروست کرابو حەزرەت فەرمووی بە (علی) : بڕۆ ئەو بتە فڕە بدە ئەویش ڕۆیشتە سەربانی کەعبەو بتەکەی خستە خوارەوە •

★ (ونُنَزِّلُ مِنَ القُرْآنِ ما هُوَ شِفاءٌ ورَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ولا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إلاَّ خَساراً) (٨٢) ★

ڕەوانە ئەکەین بۆ سەر پێغەمەری خۆمان ئەوەی کە شیفایەو هۆی

رزگاریو ئاسایشە بۆ موسوڵمانان لـە ئایاتی قورئان ، واتە شیفایە بۆ نەخۆشی نەزانیو بۆ دەردی بێ ئەخلاقیو بەدخولکی . وە شـیفایە بۆ ناساغی عەقیدەو بیرو باوەڕو کردەوەی بەسوود ؛ وە شیفایە بۆ دووری لـە یاسای حوکمداریو دادگەری . وە شـیفایە بۆ ناساغی دڵو لـەشو نەوعێکە لە دەرمان وەکو دەرمانی عادەتی دوکتۆرەکان بە مەرجی باوەڕی نەخۆشـەکەو قورئان خوێنەکەیش ، بەڵام ئـەو قورئانە هیـچ سـوودێ ناگەیەنێ بە موشریکەکانو کافرەکانو بێ باوەڕەکان زیانباریو قورسی نەخۆشیەکەیان نەبێ •

بزانن ! خاوەن تەفسیرەکان لە مەعنای ئەم ئایەتەدا دوو قسەیان هەیە •

یەکـەم : قورئان دەستوورێکە بەسوودە بۆ عالەم وەکـو چۆن دەرمانی دوکتۆرەکان بـە سوودە بۆ ناساغ ، قسـەی دووهەم : ئەمەیە کـە ئـەم شیفایە عامە بۆ ئەو مەعنایەو بۆ شیفای نەخۆشینی زاهیریو ئیستیدلالیان کردوە لەسەر ئەم مەعنایە بە چەن دەلیلو چەن ئاثاری بە هێز :

یەکـەم : ریوایەت کراوە لـە ئەبو سەعیدی خدریەوە ـخـ ئەڵێ : پێغەمەر ـدـ رەوانەی کردین لە سریەیەکدا کە (٣٠٠) کەس بووین . لای قەومێك دابەزیین داوای میوانداریسان لێکردن میوانداریيان نەکردین • ئەڵێ : جا گەورەی قەبیلەکە دووپشك پێیەوە دا ؛ هاتن بۆ لامان وتیان : ئایا لە ناو ئێوەدا یەکێ هەیە کە دۆعای چاری دووپشك بکا ؟ ئەبو سەعید ئەڵێ : منیش وتم : بەڵێ من ئەیکەم ، بەڵام بۆ ئێوەی ناکەم هەتاماڵێکمان پێ نەدەن • ئەوانیش وتیان : سی (٣٠) مەڕتان ئەدەینێ ، ئەڵێ : منیش (الحمـد لله رب العالمين ••)م حـەوت جـار بەسـەریا خوێندەوەو کابرا ئازارەکەی نەما •

جا خواردەمەنییان بۆ ناردین لەگەڵ سی مەڕەکاناو هەموومان لـە خواردەمەنیەکەمان خوارد ، بەڵام رەفیقەکان لە مەڕەکانیان نەخوارد هەتا هاتینەوە بۆ لای حەزرەت ـدـو خەبەرەکەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی : چۆن زانیت کـە (الحمـد لله رب العالمين) شیفای زامدارە ؟ عـەرزمکرد : یا رەسولەڵلا شتێ بو کەوتە دڵمەوە ، فەرمووی : بخۆنو لـە مەڕەکانیش بەشمان بدەن • ئەمە ریوایەتی (دارقطني) بو لە کتێبی (سنن)دا •

دوەم : ئیمـامی بوخاری ریوایەتی کردوە لـە عائیشەوە ـخـ کـە حەزرەت ـدـ لەو نەخۆشینەدا کە وەفاتی کرد تیایا سوورەتی (معوذات)ی ئەخوێندەوەو فووی ئەکرد بە دەستی خۆیاو ئەیهێنا بە رووی خۆیا ، کاتێ کە نەخۆشینەکەی گران بوو من لە باتی ئەو سوورەتەکەم ئەخوێندەوەو فووم ئەکرد بە لەشیا •

سێهەم : مادام کـە ثابت بوە کـە حـەزرەت ـدـ موعـەوەذەکانی خوێندوەتەوەو فووی کردوە بە دەستیاو هێناویەتی بە روخساریا کە ئەمانە دوو سوورەتن لـە قورئان •• دەرئەکەوێ کـە خوێندنەوەی باقی ئایاتی قورئانیش دروست بێ ، چونکی هەموو وەکو یەکن لەوەدا کە لە قورئانی پیرۆزن •

چوارەم : قورطوبی لە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت : زاناکان ئیختیلافیان بوە لەوەدا کە ئینسانێ شتێ لە ناوی خودای تەعالا یا لە ئایاتی قورئان بنووسێتەوە جا بە ئاو بیاز شۆربێتەوەو نەخۆش، ئەو ئاوە بخواتەوە یا لەشی ئەو نەخۆشەی پێ بهەنورێ •• .. سەعیدی کوڕی مسیب ئەمەی لـە لا دروستە • وە (أم المؤمنين) عائیشە ـخـ هەردوو (معوذتين)ی ئەخوێند بەسەر کاسەیەکا ئاودا جا ئەیفەرومو بیڕژێنن بەسەر نەخۆشەکەدا •

وه هەر لە تەفسیری قورطوبیدا ئەڵێ : وقال ـص ـ : (لا بأس بالرقي ما لم يكن فيه شرك ، ومن استطاع منكم ان ينفع اخاه فليفعل) •

پێنجەم : لە قورطوبیدا ئەڵێ : ئیمامی مالیك فەرموویەتی : هیچ عەیبێ نیه لەوەدا شتێ لە ناوی خودا بنووسرێتو بکرێتە ملی ئینسانی ناساغ بە نیازی (تبرك) ، وه کۆمەڵێ لە ئەهلی عیلم لەسەر ئەم بیرو باوەڕی ئیمامی مالیکەن ـخ ـ •

وه عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـخ ـ فەرموویەتی : حەزرەت ـد ـ فەرموویەتی : کاتێ کە یەکێ لە ئێوه لە خەودا ترساو شتێکی وای چاوپێکەوت با بڵێت : (اعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وسوء عقابه ومن شر الشيطان ان يحضرون) وه عەبدوڵڵا ئەم دۆعایه فێری منداڵه گەورەکانی ئەکردو بۆ بچووکەکانیشی ئەنووسیو ئەیکرد بە شانیانا •

وه هەر ریوایەتێ کە لە حەزرەتەوه ـد ـ ریوایەت کرابێ بۆ نەهی لەم نووسراوانه ئەوه ئەبڕێ بەسەر نووسراوێکدا کە ئایەتی قورئان نەبێ ، وه یا پاڕانەوه لە خودا نەبێ ، وه یا بە ناوه پیرۆزەکانی خودا نەبێ ، ئەگەرنا ئەمانه هەموویان موبارەکن •

وه ئێمه لە ماوەی ژیانی خۆمانا بازێ دۆعاو بازێ ناوی خودامان وەرگرتوه لە دەمی مامۆستاکانمانو نووسیومانن بۆ نەخۆشیو گیرۆدەی دەردو لە سوپاسی خوداوه بە زۆری ، بە ئیزنی خودا ، سوودیان بوه •

هەروا گەلێ ئیستیفادەمان کردوه لە خوێندنەوەی قەصیدەی (بردیه)و لە خوێندنەوەی ناوی (اصحاب البدر) ـخ ـ ، وه لە خوێندنەوەی قەصیدەی (منفرجه)ی ئیمامی غەزالی ـخ ـ بۆ چاری گەلێ گیرو گرفتی ژیانو بە زۆری سوودمان لێوەرگرتوون •

وە بە هەر عیبارەتێ مەشرووع بێ پاڕانەوە لە خودا ڕەوایە ، مادام ئەم شێوە بە تایبەتی نەهی لێ نەکرابێ ، جا ئەگەر دۆعاکان (مەئثور) بن ئەوە زۆر موبارەکە ، وە ئەگەر مەئثوریش نەبن مادام لەفظەکان مەشرووع بن دووبارە ڕەوایەو دروستەو هەرکەسێ مەنعی ئەمانە بکا یا لە نەزانینەوە یا لە عەنادی نەفسانیەتەوەیە • ئیتر ئینسانی موسوڵمان واجبە موراجەعەی کتێبە موهیمەکان بکا ، وەکو (الحصن الحصين)و وەکو ئاخری (جامع الصغير) بۆ دروستی کردنی دۆعاکانی حەزرەت ـدـ ، وە موراجەعەی (اذکاری نووی) بکا بۆ دۆعای تایبەتی هەرکاتێو هەر شوێنێ • (والله هو الموفق والمعين) •



★ (وإذا أنْعَمْنا عَلَى الإنْسانِ أعْرَضَ ونَآ بِجانِبِهِ وإذا مَسَّهُ الشَّرُّ كانَ يَؤُساً) (٨٣) ★

وە ئەو کەسانە کە سوود لە قورئانی پیرۆز وەرناگرن کەسانێکن موبالات ناکەن بە بیرکردنەوە لە مەعنای ئایەتەکاناو بیر ناکەنەوە لە حاڵی خۆیان کە کێ دروستی کردوونو ئەنجامیان چۆن ئەبێو پاش ئەم مردنەیان کە گومانی تێدا نیە ئایا هەر وەکو حەیوانێکی بێ هۆش ئەڕۆن ، وە یاخود پرسیاریان لێ ئەکرێ ؟ جا ئەم جۆرە کەسانە وان لە شێوەی گیانلەبەرە بێ هۆشەکاندا ؛ بە شتی خۆش شادمانن ، وە بە شتی ناخۆش پەرێشانن وەکو خودا فەرموویەتی : کاتێ نیعمەت بڕێژین بەسەر ئینسانی نابارا بایی ئەبێو سەرپێچی لە فەرمانی خودا ئەکا وە لا هەڵئەکا لەوانە کە ئامۆژگارییان ئەکەن ، وە کاتێکیش خراپەیێو تەنگەبەریو گیرۆدەیی بەردەمیان بگرێو شەڕێکیان تۆش بێ نائومێد ئەبن لە هەموو خێرێو دنیایان لێ تەنگ ئەبێ •

★ (قُلْ : كُلٌّ يَعْمَلُ عَلى شاكِلَتِهِ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدى سَبِيلاً) (٨٤) ★

جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو ئادەمیزادانە کە ئەم قورئانەیان بەسەرا ئەخوێنیتەوە : هەر کەسێ لە هۆشیاران کە تەکلیفیان لێکراوە لە لایەنی خوداوە رەفتار ئەکا لەسەر موناسەبەی ئەو رێگەیە بڕیاری داوە پیایا بڕوا بۆ قەبووڵ یا رەدی فەرمانی خودا ، جا خودای ئێوە زاناترە لە هەموو کەسێ بەو کەسە کە شارەزاترە بۆ رێگەی رزگای خۆی ، وە هەرکەسێ رێگەکەی پاڵو راست بێ ئەوە ئەگات بە مەنزڵو ماوای خۆی . وە هەرکەسێ وا نەبێ ئەوە ناگات بەو شوێنو جێگە باشە کە سوودی لێ وەربگرێ لە قیامەتا •

ئیمامی رازی ـخـ لەم شوێنەدا پاش رەزابوونی بەوە کە (شاکلە) بە مەعنای (طریقەت)و رێگەیە ئەفەرموێت : لەم شوێنەدا وەجهێکی دووەم هەیە عیبارەتە لەمە هەرکەسێ رەفتار ئەکا لەسەر موافیقی ئەوەی موافیقی جەوهەری نەفسو موقتەضای رۆحیەتی ، ئەگەر نەفسی خاوەن پڕتەوو بڵند پایە بێ ئەوە کردەوەی بەرزو بەڕێزی لێ پەیدا ئەبێ ، وە ئەگەر نەفسەکەی پیسو پەست بێ ئەوە کردەوەی پەستی لێ پەیدا ئەبێ •

وە بۆ روونکردنەوەی ئەم وەجهە دووەمە ئەفەرموێت : زانا هۆشیارەکان جیاوازییان هەیە لە (نفوسی انسانی)دا : ئایا موختەلیفن لە ماهیەتاو ئیختیلافی کردەوەو ئەحواڵیان لەبەر ئیختیلافیانە لە ماهیەتی نەفسدا ، یا خەیر هەموو موتەساوین لە ماهیەتاو ئیختیلافی کردەوەیان لەبەر ئیختیلافی میزاجیانە ؟ وە لە لای من بیری یەکەم پەسەندە کە نفووس ئیختیلافیان هەیە لە ماهیەتا • بڕایەوە •

منیش ئەڵێم : لەم شوێنەدا چەن شتێ هەیە پێویستە بیانزانن هەتا راستی ددرکەوێ • یەکەم : نابێ تەفسیری شاکیلە بکرێتەوە بە جەوهەری نەفس ؛ چونکی ئەگەر کردەوەی ئینسان لەسەر خواستی جەوهەری نەفس بێ لازم ئەکا ئینسان مەجبوور بێ لەو کردەوانەدا کە لێیەوە پەیدا ئەبن •

هەروا نابێ بە مەعنای ئیستیعدادیش بێ ؛ چونکە لە هەموو کەسێکدا تواناو لێهاتوویی چاکەو خراپە هەیە •

وە نابێ شاکیلە بە مەعنا میزاجو ئەحواڵی لەشی ئینسان بێ لەبەر ئەوە گەلێ کەس لەسەر یەك میزاجو یەك بونیەن لەگەڵ ئەوەیشدا کردەوەیان جیا جیایە •

هەروا مەعنای نیەتو ناحیەو مەذهەب موناسب نین ، کە وابێ ئەبێ هەر بە مانا طەریقەتو رێگە بێ لەسەر ئەم ئیعتیبارە ئادەمیزاد خاوەنی چوار هێزە • هێزی ئیدراکی فریشتەیی‌و ، هێزی شەهوەتو ئارەزووی نەفس‌و . هێزی قارگرتن‌و هەڵمەتبردن‌و دڕندەیی‌و ، هێزی وەهمیەی شەیتانی •

وە هەر یەکێ رێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ماوەی ژیانیا لە کەوتنە شوێنی ئەم چوار هێزەدا ؛ ئەگەر تێکۆشاو نەیهێشت ئەم هێزانە لای زیادی زۆرو لای کەمو کووڕی زۆر بگرن وە کەوتنە ئیعتیدال‌و میانەکاریەوە ئەو کەسە رزگارەو سەربەرزە ، وە ئەگەر کۆششی نەکرد بۆ ئیعتیدالی ئەم هێزانە وە ئەم هێزانەی بەرەڵا کرد ئەوە لە مەینەتی دنیاو قیامەتدا غەرق ئەبێ •

وە ئەو ڕێگەی تێکۆشانە بۆ تەعدیلی ئەم هێزانە بۆ ئینسان دەست ئەدا بە هۆی هاوڕێی ئینسانە خاوەن ڕۆحە پاکەکان یا زانا بەرزەکان یا پیاوی خاوەن خوڵكو ڕەوشتی خۆش ، وە یا هەر بە بیرکردنەوەی خۆی لە ئەحواڵی خۆیدا لە ئەوەڵەوە تا فامو شوعووری گرتوە •

وە هەر ڕێگەیە غەیری ئەم ڕێگەیە بێ ئەوە فاسیدە ، وە هەرکەسێ بیگرێ ئەوە ڕزگار نابێ وە لە دنیاو قیامەتا ماتو سەرکزو داماوە •

وە دەلیل لەسەر ئەم تەقریرە ئەمەیە لە قورئانا خودای تەعالا باسی ئەوەی کردوە ئەو فیطرەتە کە ئادەمیزادی لەسەر دروست کراوە فیطرەتێکی جوانو پاکە • وە لە حەدیثی پیرۆزیشا هەیە کە هەموو منداڵێ لەسەر فیطرەت لە دایك ئەبێ لە پاشان باوكو دایکەکەی ئەیکەن بە جوولەکە یا بە گاور یا غەیری ئەوانە •

وە هەر چەن خودای تەعالا قودرەتی هەیە کە بە جارێ هەرچی ئادەمیزادو جین هەیە هەموویان بکا بە فریشتەی پاك یا بیانکا بە شەیاتینی ناپاك بەڵام خودا ئەمەی نەکردوەو نایکا ؛ چونکی ئەگەر خۆی وا بکا لە عالەم ئیتر پێویستی بە ڕەوانەکردنی ڕەهبەران نەدەبو وە هەرکەسێ کە بە تەواوی چاك بوایە بە زۆری خودا چاك ئەبوو ، وە هەرکەسێ کە بە تەواوی خراپ بوایە بە زۆری خودا خراپ ئەبوو ، وە بەندەیی‌و ئیطاعەی کەس دەرنەدەکەوت • وە فائیدەیش لە ناردنی ڕەهبەرانو پێغەمەران نەدەبو ، هەروا پێویست بە دەرزی مامۆستایاناو دانانی نیظامو یاسا نەدەما وە ئینسان ئەبو بە دارێکی بێ سێبەرو بێ بەرو بێ شانو پایە •

وە لەولایشەوە خودای تەعالا ئەفەرموێت : (قد افلح من زكاها وقد خاب من دساها) • وە ئەفەرموێت : (فأما من طغى وآثر الحياة الدنيا

فان الجحيم هي المأوى • واما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى فان الجنة هي المأوى) •

★ (ويَسْألُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ، قُلِ : الرُّوحُ مِنْ أمْرِ رَبّي • وما اُوتِيتُمْ مِنَ العِلْمِ إلاّ قَلِيلاً) (٨٥) ★

کافرەکانی قورەیش پرسیارت لێ ئەکەن لە حەقیقەتی (روح) ئەو شتە کــە گیاندار بە بوونی ئەو گیاندارەو زیندووەو بە نەبوونی ئەو بێ گیانەو مردوە ، تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست لە وەڵامیانا بڵێ : رۆح لەو شتانەیە کە بە بێ مادەو بێ پەیدابوون لە شتێکی تر پەیدا ئەبێ بە هۆی ئەمرو فەرمانی پەروەردگاری منــەوە ، وە ئێوە نایزانن ، وە یا ئەگەر بەیانیش بکرێ تێی ناگەن‌و لــە سنووری عەقڵ‌و فامی ئێوە بەدەرە ، وە لەمەیش سەرتان سورِ نەمێنێ چونکی بەشتان نەدراوە لە علم‌و زانیاری شتێکی کەم نەبێ •

ریوایەت کــراوە : جوولەکەکان وتیــان بــە کافرەکانی قورەیش : پرسیار بکەن لە محەمەد (د) لە : (اصحاب الکهف)و (ذی القرنین)و لە (روح) . جا ئەگەر جوابی هەرسێکیانی دایەوە یا لەهەر سێکیان بێدەنگ بوو ئەوە پێغەمەر نیە ، وە ئەگەر جوابی دایەوە لە بازێ‌و بێدەنگ بوو لە بازێکیان ئەوە پێغەمەرە • جا کاتێ پرسیاریان لێ کرد هــات جوابی (اصحاب الکهف)و (ذی القرنــین)ی دایــەوەو جوابی باسی رۆحی نەدایەوە • وە وڵامەکەی حەزرەت موافیقی تەورات هات کە لــە باسی رۆحدا بە ئیبهام وەڵامی داوەتەوەو بە روونی وەڵامی نەداوەتەوە •

بــە هەرحاڵ بــە زاهیری ئایەتی شەریف (روح) کە سەرچاوەی شوعوورو ئیدراکەو مەبدەئە بۆ ئاثاری عەجیب‌و غەریب لــەو ماوەی

مەحدوودەدا کە قەرار دراوە بۆ پەیوەندی بە لەشەوە ، وە پرسیاری لێ ئەکرێ لە پاشەڕۆژا ، وە ئەگات بە ئازاری قیامەت لە دۆزەخا ، وە یا بە رەحمەتو نیعمەتو لیقای خودای تەعالا هەتا هەتایە ، ئەم رۆحە قورئان باسی نەکردوەو ئێمەیش ئەتوانین باسی نەکەین •

بەڵام زانا موسوڵمانە بەرزەکانی عالەمی ئیسلام بیرو باوەڕی خۆیان دەربڕیوە وە فەرموویانە خودای تەعـالا بۆیـە باسی نەکردوە ؛ چونکی کونهی مەعنای رۆح بۆ عامەی ئادەمیزاد فام ناکرێ •

جا جومهوورەکەیان فەرموویانە : رۆح جیسمێکی لەطیفو ناسکەو نفووذی هەیە لە هەموو ذەڕاتی وجوودی ئادەمیزادا هەتا ئەو ماوە خودا بڕیاری داوە • وە کاتێ خواستی خودا لەسەر نەمانی بو ئەو پەیوەندییە ئەبڕرێو لەشەکەی ئەکەوێ ، بەڵام ئـــەو رۆحـە عەلاقەی مەعنەویەو غەیبیەی نابڕێ لەو لەشە نە لـە گۆڕاو نە لـە پاش ئەوە کە بـە درێژایی زەمان بڕزێ ، هەر رۆحێ بە قەی پایەی خۆی لـە کەسبی سەعادەتو پیرۆزی بە هۆی طاعەتەوە ، وە بە ظاهیری ئەحادیثی شەریفە گەلێ بەدەن لە گۆڕا ناڕزێن وەکو لەشی پێغەمەران (د)و لەشی شەهیدان • واتـە : کوژراوانی ناو جەنگێ کە بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام بێ ، وە لەشی ئەوانە کە لە بەر رەزای خودا بانگ ئەدەن ، وە لەشی پیاوچاکانی خوداو ، زانایانی خاوەن کردەوەی بەرزی پاك •

وە بـــەلای بازێ لە زانا بەرزەکانیشەوە وەکو ئیمامی غەزالی (خ) (رۆح) جەوهەری رووت لە مادەیە ، لە جیسمو جیسمانیات نیە ، وە بە چەن بەڵگە پشتگیری ئەم قسەی خۆی کردوە ، وە بـە راستی ئاثاری نەفسی ئینسانیو ئیدراکاتی زۆر باڵاییو گەیشتنی بەو پایە بەرزانە کە

مه‌علووم بوه بۆ خاوه‌ن باوه‌ڕه‌كان له موسوڵمانان هه‌مووی ده‌لیله له‌سه‌ر ئـه‌وه كه رۆحی ئینسانی‌و نه‌فسی ناطیقه له عاله‌می جیسم‌و جیسمانیات نیـه •

★ (ولئِنْ شِئْنا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذي أوْحَيْنا إليْكَ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنا وكِيلاً (٨٦) إلاَّ رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ إنَّ فَضْلَهُ كانَ عَلَيْكَ كَبِيراً) (٨٧) ★

واتـه وه‌نـه‌بێ ته‌نیا رۆح به‌و خاوه‌ن قیمه‌ت‌و قه‌دره‌وه لـه دروستكراوانی خودای تۆ بێ به‌ڵكو هه‌موو شتێكی خاوه‌ن قیمه‌ت‌و بێ قیمه‌ت هه‌موو وان له‌به‌ر هێزی قودره‌تی خودادا له دروستكردناو لـه راگرتناو له بڕانه‌وه‌یانا ، وه ئه‌م قورئانه‌یش كـه ناردوومانه‌ته خواره‌وه بۆ تۆ وه به وێنه‌ی رۆحی زانیاری عاله‌مه ئه‌ویش وا لـه ژێر قودره‌تی خودادا ، وه به راستی ئه‌گه‌ر خواستمان له‌سه‌ر لابردنی بێ له دڵی تۆداو له دڵی عاله‌می زانیارانا ئه‌توانین ئه‌وه‌ی كه وه‌حیمان كردوه بۆ لای تۆ لای‌به‌ین له دڵی تۆداو هه‌ڵی بگرین وه پاش ئه‌وه كه لامان‌برد تۆ كه‌سێكی وات ده‌ست ناكه‌وێ كه ئیعتیمادی بده‌یته سه‌رو بتوانێ بۆت بێنێتـه‌وه ئیللا هۆی میهره‌بانی خودا نه‌بێ ئه‌وه ئه‌و میهره‌بانی خودایه قورئانه‌كه‌ت پێ‌نیشان ئه‌داته‌وه ، به راستی فه‌ضلی له‌سه‌ر تۆ زۆر بوه‌و زۆره •

★ (قُلْ : لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإنْسُ والجِنُّ على أنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هذا القُرْآنِ لا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ ولَوْ كانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيراً) (٨٨) ★

ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست تۆ بڵێ به‌و كه‌سانه كه باوه‌ڕیان وایـه قورئان وتـه‌ی ئاده‌میزاده یا وتـه‌ی جینه : بـه هه‌ڵه‌دا چوون ، وه‌ڵلاهی

ئەگــەر هەموو ئادەمیزادو جینی عالــەم گردببنەوەو رێك بکەون لەسەر خواستی ئەوە کە وێنەی ئـــەم قورئانە بێنن لـــە دانانی (مفردات)و (مرکبات)و (جوملە)و کەلامی هەرکام لە جێگەی خۆیا بۆ گەیاندنی ئەوەی کە مەقسوودی خودایە لــە ناردنی ئـــەو قورئانەدا .. ناتوانن ئـــەو وێنەیە بێنن هەرچەند بازێکیشان پشتیوانی بازێکیان بن‌و یارمـــەتی یەکتر بدەن لەو کارە گەورەدا کە موقابەلەی کەلامی خودایە ؛ چونکی هەر خودا زانایە بەوکارە پەنامەکییانە کە لەمەوپێش بوون ، وە یا لەمەوپاش ئەبن هەتا وەکو خۆی بەیانی بکەن ، وە هەر خودا ئەزانێ بە ئەندازەی ئەو ئیمان‌و باوەڕەو ئەو کوفرو ئینکارەو ئەو دلڕەشی‌و دوژمنایەتیە لەگەڵ پێغەمەراو لەگەڵ دینەکەیا ، وە هەر خودا ئەزانێ چلۆن بەرابەری حاڵەتی نەفسی ئادەمیزادو باقی موکەللەفان بکا ، وە هەر خودا ئەتوانێ کەلامی خۆی لەسەر موافیقی مەرامی خۆی نازڵ بکا • بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەی تەرکیبی وتاری موشتەرەك کە حورووفی (الف با)یە لەبـــەر دەستی عالەما هەیە کەچی کەم کەس ئەتوانێ وتاری بەرزو بە پێز رێك بخاو کەس ناتوانێ کەلامی موعجیزەی وەکو قورئان دابنێ •

★ (ولَقَدْ صَرَّفْنا لِلنَّاسِ فِي هذا القُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ فَأَبى أَكْثَرُ النَّاسِ إلا كُفُوراً) (٨٩) ★

وە بە راستی ئێمە تەکرارمان کردەوە لەگەڵ گۆڕینی شێوەدا لـــەم قورئانەدا لە هەموو جۆرە مەعناو مەبەسێکی وەها وەکو (ضرب المثل) غەریب‌و عەجیب بێ بۆ ئەوە دڵی ئادەمیزاد رابکێشێ‌و ئیمان بێنن بـــە خودای خـــۆیان وە رێگەی راســـتی بگرن کەچی زۆربـــەی ئادەمیزاد هیچیان نەویست ئیللا ئینکارو لادان لە حەق‌و هەوڵدان بەرەو هەوای نەفسی خۆیان •

★ (وقالُوا : لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الاَرْضِ
يَنبوعا (٩٠) أوْ تَكونَ لكَ جَنَّةٌ مِنَ نَخيلٍ وعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ
الاَنْهارَ خِلالَها تَفْجِيراً (٩١) أوْ تُسْقِطَ السماءَ ـ كَما
زَعَمْتَ ـ علَيْنا كِسَفاً ، أوْ تَأْتِي بِاللهِ والمَلائِكَةِ قَبِيلاً (٩٢)
أوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِنْ زُخْرُفٍ ، أوْ تَرْقى فِي السَّمَاءِ .
ولَنْ نُؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ علَيْنَا كِتاباً نَقْرَؤُهُ !
قُلْ : سُبْحانَ رَبِّي ! هَلْ كُنْتُ إلاَّ بَشَراً رَسُولاً ؟) (٩٣) ★

واتە کافرەکانی مەکە وتیان بە پێغەمەر (د) : قەت ئێمە ئیمان نایەنین بە تۆ هەتا تۆ لەم عەرزی مەکە سەرچاوەیەکمان بۆ هەڵنەقولێنی ، یاخود باخێکی پڕ لە دارخورماو مێوت بیێو چەن جۆگە ئاوی ڕەوان لە ناو ئەو دارانەوە دەربکەیو ڕەوانی بکەی بە ناوی ئەو باخەدا ، یاخود ئەمانەت پێ ناکرێ ئاسمان بە پارچە پارچەیی داخەی بە سەرمانا ـ وەکو خۆت گومان ئەبەی کە ئاسمان پارچە پارچە دائەکەونە خوارەوەو پرژو بڵاو ئەبنەوە بە عالەما ـ ، وە یاخود تۆ مادام خەڵك بانگ ئەکەی بۆ لای خوداو خودا بە خۆشەویستی خۆت ئەزانی خوداو فریشتەکانی بانگ بکەیو بیانهێنێ لەگەڵ خۆتا بە شایەت لەسەر داوای ڕەهبەری خۆتو بە کەفیل بۆ ڕاستی ئەو موژدەو هەڕەشە کە بڵاویان ئەکەیتەوە بە ناومانا ، یاخود خانوو بەرەیێو قەسرێکت بیێ لە مەکە کە لە مادەی بە قیمەت دروستکرابێ وەکو ئاڵتوونو زیوو شتی جوانی دلڕفێن ، وە یاخود سەربکەوی بە ئاسمانا بڕۆی بۆ لای خوداو باوەڕیش ناکەین بەوە کە گەیشتووی بە خودا هەتا کتێبێ لە لای ئەوەوە نەهێنی بیخوێنینەوەو

نووسرابێ لەو کتێبەدا : کە تۆ گەیشتووی بە خوداو خودا تۆی کردوە بــە پێغەمەر ، تۆیش ئەی پێغەمەری رەهبــەر بفەرمو : سوبحانەڵڵا ! خودای تەعالا دوورە لەوە کە بە ئارەزووی ئێمە هەر موعجیزەیێ‌و هــەر ئیقتیراحێ بکەن ئەو بەجێی بێنێ ، من هیچ نیم ئەوە نەبێ ئادەمیزادێکم خودا ناردوومی بە رەهبەرو هــەر ئەوەم لەسەرە کە ئەحکامی خــودا بگەیەنم بە ئێوە ئیتر بەجێهێنانی داوای ئێوە لە توانای مندا نیە •

ریوایەت کراوە لــە ئیبن‌و عەباسەوە نە گەورەکانی شاری مەکە هاتن دانیشتن لــە دەوری کابەداو ناردیان بە شوێنی پێغەمەرا (د) ئەویش هات بۆ لایان‌و دانیشت‌و وتیان : ئەی محەمەد عەرزی مەکە تەنگەبەرو وشکە مادام تۆ پێغەمەری خودای داوا بکە لە خودا ئەو کێوانە هەڵگرێ‌و ولاتەکە بکا بە دەشت‌و چەن سەرچاوە ئاویان تیا دەر بکا تا کشتوکاڵ‌و باخ‌و بێستان دروست بکەین‌و ئێمەیش وەکو خەڵکی ولاتان ژیــــوار بکەین • وە لەوێدا یەکێ لەوان وتی : ئەگەر ئەمە ناکەی هەر باخێکمان بۆ دروست ببێ کە دارخورماو داری مێوی تێدا ببێ‌و جۆگەی ئاو بە ناویا بڕوا . فەرمووی : شتی وا بە من ناکرێ ، جا وتیان : مادام ناتوانی شتێکی خێرمان بۆ دروست بکەی ئاسمانمان بەسەرا پارچــە پارچــە بڕووخێنە خوارەوە ، فەرمووی : ئەمەیش بە من ناکرێ •

جا عەبدوڵلای کوڕی ئومەییەی مەخزوومی ـ کە دایکی ئەو پووری حەزرەت بو ـ وتی : وەڵلاهی من قەت باوەڕ ناکەم پێت هەتا لە بەرچاوما پلەکانەیێ دامەزرێنی بۆ ئاســـمان وە بەســـەریا سەرکەوی‌و ئێمەیش چاوەڕێی تۆ بکەین هەتا چوار مەلائیکە لە ئاسمانەوە لەگەڵ خۆتا بێنیتە

خوارەوە شایەتیت بۆ بدەن کە تۆ پێغەمەری خودای هێشتا پاش ئەمەیش نازانم ئیمانت پێ بێنم یا نە • جا ئەو ئایەتە هاتەخوارەوەو خودا ئەمری کرد بە پێغەمەر (د) پێیان بڵێ خودای تەعالا خاترخۆیە لە هەموو کارو بارێکدا وە ناردنی هەر پێغەمەرێ‌و دەرخستنی هەر موعجیزەیێ وا لـە خواست‌و ئیرادەی خۆیاو هەرچی خەڵك داوای بکا ئەو بیکا پێویست ئەکا بەوە کە دائیما خودا هەر خەلقی موعجیزە بۆ ئادەمیزاد بکا وە ئەمە یاسای خودا نیە •

★ (وما مَنَعَ النَّاسَ أنْ يُؤْمِنُوا إذْ جاءَهُمُ الهُدى إلاَّ أنْ قالُوا ابَعَثَ اللهُ بَشَراً رسولاً ؟!) (٩٤) ★

وە هیچ شتێ مەنعی ئـەو ئادەمیزادانی مەکەیە نەکردوە لـــە ئیمانهێنان لەو کاتەدا کە ئەسبابی هیدایەتیان بۆ هات ، وەکو کەلامی خوداو پێغەمەری خودا بێ ئیللا ئەمە نەبێ کە لە لایان دوورە ئادەمیزادێ لە خۆیان ببێ بە رەهبەر ، وە ئەڵێن : ئایا قەت خودا ئادەمیزادێکی ناردوە بە پێغەمەری‌و رەهبـــەر بۆ لای باقی ئادەمیزادان ؟! وە ئەمە مومکین نیەو نابێ‌و سیرەکەیش هەر حەسوودیە ، وە لایـــان زۆر دشوارەو بـە طەبیعەتیان ناهەموارە یەکێ لەوان ببێ بە فەرمانداری مەعنەویات‌و مادیات بەسەر ئەواناا •

★ (قُلْ : لَوْ كانَ في الأرْضِ ملائِكَةٌ يَمْشونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنا عَليْهِمْ مِنَ السَّماءِ مَلَكاً رَسُولاً) (٩٥) ★

تۆ ئـەی پێغەمەری خۆشەویست پێیـان بڵێ : ئەگەر لـە زەویدا فریشتە نیشتەجێ بوونایەو برۆیشتنایە بەسەر زەویدا بە دامەزراوی، ئەو کاتە لە ئاسمانەوە فریشتەیەکم بۆ رەوانە ئەکردن بە رەهبەری‌و پێغەمەری لەبەر ئەوە کە هاودەم‌و هاومەنزین‌و موناسەبەیان پێکەوە ئـەبو ، وە

ئەمما ئادەمیزاد ئەوە ئەوان دوورن لە وەرگرتنی دەستوورو بەیان لـــە فریشتەوە بە بێ موناسەبە لە ناویانا •

★ (قُلْ : كَفَى بِاللهِ شَهِيداً بَيْنِي وبَيْنَكُمْ إنَّهُ كانَ بِعِبَادِهِ خَبِيراً بَصِيراً) (٩٦) ★

تۆ ئـەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرمو : خودای تەعالا بەسە بۆ ئاگاداری لە بەینی منو بەینی ئێوەدا لەسەر ئەوە کە من رەوانەکراوی خودام . وە ئێوە بە ناحەق عەناد ئەکەنو دوور ئەکەونەوە لە وەرگرتنی پەیامی خودایی ، وە بە راستی خودای تەعالا بیناو ئاگادارە بە بەندەکانی خۆی بە هەموو حاڵێکی دیاریو پەنامەکییان •

★ (ومَنْ يَهْدِ اللهُ فَهُوَ المُهْتَدِ ومَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ أوْلِيَاءَ مِنْ دونِهِ ونَحْشُرُهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ على وجُوهِهِمْ عُمْياً وبُكْماً وصُمّاً مَأواهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّما خَبَتْ زِدْناهُمْ سَعِيراً) (٩٧) ★

وە هەرکەسێ خـودا هیدایەتی دابێ لەبـەر لوطفی رووت یا لەگەڵ تێکۆشینی کابرادا بۆ دەسکەوتی پیرۆزی هەر ئـەو کەسەیە هیدایەتی دەسکەوتوەو شارەزا بوە بۆ رێگەی بەختیاری وە هەر کەسێکیش خودا گومڕای کردبێ لەبەر بێموبالاتیو پشتهەڵکردن لە بانگی بەختیاری لە لایەنی رەهبەرانەوە ئـەوە ئیتر دەستت ناکەوێ بۆ ئەوانە چـەن دۆستێو یارمەتیدەرێ غەیری خودا ، وە لە رۆژی قیامەتیشدا هەڵیانئەستێنین لـە گۆڕو رایان ئەکێشین بەسەر روودا بە کوێریو لاڵیو کەڕی وە ئەیانخەینە دۆزەخەوە وە هەر کاتێ بڵێسەکەی نیشتەوە بڵێسەی دۆزەخ بەهێز ئەکەین بۆ ئازاردانی ئەوان هەتا هەتایە •

★ (ذلِكَ جَزاؤُهُمْ بِأَنَّهُمْ كَفَروا بآياتِنا وقالُوا : ءَإذا كُنَّا عِظاماً ورُفاتاً ءَإنَّا لَمَبْعوثُونَ خَلْقاً جَدِيداً ؟) (٩٨) ★

وە ئەو سزا ناهەموارەی تۆڵەو ئەنجامی ئەو کافرانەیە بـــە هۆی ئەوەوە کوفری ئایـاتو موعجیزاتو رەهبـــەرانی ئێمـەیان کـردو بێ باوەڕییەکیان نیشان دا ئەگەر هەتا هەتایە بمانایە لە دنیادا رۆژ بەرۆژ بێ باوەڕتر ئەبوونو زۆرتر دوورئەکەوتنەوە لە باوەڕ بـــە فەرمانی خوداو رەهبـەرەکانی ، وە باوەڕی ناباری نـەبڕاوەیش ئـەبێ تۆڵەکـەی نابارو نەبڕاوە بێ ، وە هەموو دەلیلێکیشیان بۆ ئەو عەنادەیان ئەوە بو ئەیان وت ـ بە ئیستینکارەوە ـ : ئایا ئێمە لە پاش ئەوە مردینو گۆشتەکەمان نەماو بووین بە ئێسقانو ئێسقانەکەیشمان رزی •• ئایا ئێمە سەر لە نوێ زیندوو ئەکرێینەوە بە دروستکردنێکی تازە ؟! ئیتر تەماشای ئەوەیان نەدەکرد ئیستە کە لەسەر مادەی پێشو زیندوو ئەکرێنەوە ، لە ئەوەڵ جارا ئەو مادەیشیانە نەبوەو خواد دروستی کردوونو ئەو خودایە ماوە بەو هێزەوە •

★ (اوَلَمْ يَرَوْا أنَّ اللهَ الَّذي خَلَقَ السَّماواتِ والأرْضَ قادِرٌ عَلى أنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وجَعَلَ لَهُمْ أجَلاً لا رَيْبَ فِيهِ ؟ فَأَبى الظَّالِمونَ إلاَّ كُفوراً) (٩٩) ★

ئایا ئەو کافرە نەفامانە نەیانزانیوەو بە کەمێ وردبوونەوەی ساف نازانن کە بە راستی ئەو خودای زاناو تەوانایە کـە ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوە پاش نەبوونی ئەوانە •• تەوانایە لەسەر ئەوە کـە وێنەی ئەوانیش وەکو لە دنیادا بوون دروست بکا ، وە ئەو خودایە ئیش لەسەر وادەی خواستی خۆی ئەکاو وادەیەکی داناوە لە دنیادا بۆ ژیانیانو لـە دوای ئەوە ئەیانمرێنێو وادەیەکیشی داناوە پاش مردنیان بۆ ئەوە زیندوویان بکاتەوە وە ئەو وادەیە هات زیندوویان ئەکاتەوە ؟ وە مادام کە رۆح پاش

دروستبوونی ئیتر نەمرەو بە دەوام ئەمێنێتەوەو ئەوە ئازاروەرگرو شادمانیبەر ئیتر ئەگەر کەمێ یا زۆر شێوەی تەرکیبو دروستکردنەوەی لەش بگۆڕێ بە جوانی یا ناشیرینی ئەوە نابێ بە مانیع لە هاتنەجێگەی (معادی جسمانی) • وە واتا هەموو ئینسانێ لە ماوەی ژیانیا ئەجزای لەشی وا لە دەورەی ڕۆیشتنو تازەبوونەوەدا ، واتە هەمیشە لەسەر نیسبەتێکی تایبەتی لەشی ئینسان بازێ بەشی سەرئەکەوێو ئەبێ بە پێستو لەوەیشەوە ئەڕوا ئیتر تۆ بەوە نازانیو خاوەن حیکمەتەکان ئەیزانن ، هەروا گۆڕانی لەش مانیع نیە لە حەقوەرگرتنو حەقدانەوە ، تەماشا کە فلان کەس لە تەمەنی بیست ساڵیدا صەد دینار وەرئەگرێ لە یەکێ ئەویش تەمەنی بیست ساڵەیەو هەردوکیان گەنجو چووزە ئینسانن ، وە لە پاش بیست ساڵی تر ئەگەنەوە بە یەك هەردوکیان زل بوون لەوانەیە بە حاڵ ئەمیان ئەویان بناسێ کەچی نە بە شەرعو نە بە عەقڵو عورف مانیعێ نیە لەوە خاوەن پارەکە داوای پارەی خۆی بکاو وەری بگرێتەوە لە قەرزارەکە • جا ئەو کافرانە پاش ئەم باسانە کە هەموویان ڕاستو ڕەوانن هەر ئیصرار ئەکەن لەسەر حاڵی خۆیانو غەیری کوفر حاشا ئەکەن لە هەموو شتێ لەبەر ستەمکاری خۆیان لە خۆیان •

★ (قُلْ : لَوْ أَنْتُم تَمْلِكُونَ خَزَائِنَ رَحْمَةِ رَبِّي إِذاً لَأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ الإِنْفاقِ وكانَ الإِنْسانُ قَتوراً) (١٠٠) ★

ئێمە ئەزانین ئینکارکردنی ئێوە بۆ ڕیسالەتی محەمەد ـ دـ و قورئانی پیرۆز زۆربەی لەسەر حەسوودی بردنە بە پایەو مایەی ئەو ، وە ئەمە تەبیعەتی ئادەمیزادی بەدبەختەو تا خۆی لە تاریکی پەستی ڕەزیلەی نەفس دەرنەکا بە هیچ پایەو مایەیەکی بەرز ناگا • وە تۆ ئەی پێغەمەری

خۆشەویست پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خاوەنی گەنجینەکانی رەحمەتی خودا بوونایە بەشی خەڵکتان نەئەدا لە ترسی تەواوبوونیو ئەمەیش هەر لە پەستی طەبعە • وە بە راستی ئادەمیزاد بە تەبیعەت بەخیلو لەئیمو رژدە بەڵام خودای تەعالا وا نیە خودای خاوەن بەخششەو هەرچی خواستی هەبێ ئەیدا بە هەرکەس وە ئەم پایەی پێغەمەرایەتیە یەکێکە لە پایە گەورەکان بەڵکو لە هەموو پایەیێ گەورەترە ، وە ئیستە بەخشیویەتی بە محەمەد ـدـ وە قورئانی بۆ ناردوە وە هەرکەسێ شوێنی نەکەوێ خۆی زیانبارە •

★ (ولَقَدْ آتَيْنا مُوسى تِسْعَ آياتٍ بَيِّناتٍ فاسْأَلْ بَني إسرائِيلَ إذْ جاءَهُمْ ، فقالَ لَهُ فِرْعونُ : إنّي لَأَظُنُّكَ يا مُوسى مَسْحوراً (١٠١) قالَ : لَقَدْ عَلِمْتَ ما أنْزَلَ هؤلاءِ إلاّ ربُّ السَّماواتِ والأَرْضَ بَصائِرَ ، وإنّي لَأَظُنُّكَ يا فِرْعَوْنُ مَثْبوراً) (١٠٢) ★

واتە من خۆم ئەزانم هەر قەومێ کە داوای موعجیزە بکەن لە پێغەمەرەکەیان لە مەقامی بەربەرەکانیدا هەرچەند موعجیزەیان بۆ دروست بکەم سوودی نابێ بۆیانو نابێ بە هۆی ئیمانهێنانیان بۆیە ئەو موعجیزانە کە ئەهلی مەکە داوای ئەکەن بۆیان دروست ناکەم ، ئەوەتە لە زەمانی موسای کوڕی عیمراندا نۆ موعجیزەی گەورەی رووناکی دیاریم دا بە موسا کەچی فیرعەونو قیبطیەکان موبالاتیان بە موسا نەکردو ئیمانیان نەهێنا ، جا تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پرسیار بکە لە بەنیئیسرائیل لە ئەحواڵی موسا ـدـ لەو کاتەدا کە هات بۆ لای فیرعەونو فیرعەونی بانگکرد بۆ ئیمانهێنان بە خودای تەعالاو فیرعەونیش بە عینادو

دەمارێکەوە وتی : ئـەی موسا من وا گومان ئەبەم کـە تۆ جادووت لێ کرابێ‌و شێت بووبی بۆیە ئەم قسە پڕو پووچانە ئەکەی •

وە حەزرەتی موسایش فەرمووی بە فیرعەون : ئەی فیرعەون بـە راستی خۆت زانیوتەو عالمی بەوە کە ئەو ئایەتانە خودای تەعالا ناردوونی بۆ تەئییدی من هـەر لـە تەوانایی خوداوە بوون ، ئـەو خودایە کـە پەروەردگـاری ئاسمانەکان‌و عـەرزەو هـەموو ئـەو موعجیزانە هـۆی چاوڕوونبێن‌و چاوکەرەوەن بۆ ئادەمیزادی بەختەوەر وە من کە تەماشای تۆ ئەکەم‌و ئەزانم لـە کانگەی دڵی خۆتەوە حاڵی بوویی کـە ئەو موعجیزە گەورانە لـە خوداوەن کەچی لـە ترسی گەورەیی خۆت ئیمـان ناهێنی ، گومانت پێ ئەبەم کە ئینسانێکی دووریت لە خێرو بەرەکەت‌و پێگەیشتنی رەحمەت ••

بزانن ! لە تەفسیری ئەو نۆ ئایەتەدا موفەسیرەکان شتی زۆریان باس کردوە ، باشتری ئەوانە ئەوەیە کـە صەفوانی کوڕی عەسـال ریوایـەتی کردوەو فەرموویەتی : جوولەکەیێ وتی بە رەفیقێکی : هەستە با بڕۆین بۆ لای ئەو پێغەمەرە ـ واتە حەزرەتی محەمەد (د) ـ پرسیاری لێ بکەین لەو نۆ ئایەتە جا رۆیشتن بۆ لای حەزرەت ـدـو پرسیاریان لێ کرد ئەویش فەرمووی : ئەو نۆ ئایەتە ئەمەن : کە شەریك بڕیار نەدەن بۆ خوداو ، دزی نەکەن‌و ، زینا نەکەن‌و ، کەس بە ناحەق نەکوژن‌و ، سیحربازی نەکەن‌و ، سوود نەخۆن‌و ، بوختان بۆ ژنی داوێن‌پاك نەکەن‌و ، لە جەنگی کافرانا پشت هەڵنەکەن‌و ، لـە سەر ئێوەیش بە تایبەتی کـە تەجاوەز نەکەن لـە فەرمانی خودا لـە رۆژی شەمەدا • جـا هـەردوو جوولەکەکان هەستان هەردوو دەست‌و هەردوو پێی حەزرەتیان ماچ کردو وتیان : ئێمە شایەتی

ئەدەین کە تۆ پێغەمەری خودای • وە ئەگەر ترسمان لە کوشتن نەبوایە ئەکەوتینە شوێنت •

وە لە ریوایەتێکدا ئەو ئایەتانە مانای موعجزاتن‌و بریتین لەمانە :

یەکەم : عەساکەی موسا •

دوەم : دەستی کە وەکو چرا ئەگڕاو پرتەوی ئەدایەوە •

سێهەم : ئەمە کوللە هێرشی هێنایە سەر کشتوکاڵی قیبطیەکان •

چوارەم : ئەوە بو سپێ دایە لەشی خۆیان‌و بزن‌و مەڕو ماڵاتیان •

پێنجەم : هێرشی بۆق بو بۆ سەر نان‌و چێشتیان ، وە ئەکەوتنە ناو حاجەتی خواردەمەنیەوە •

شەشەم : خوێن کە ئەیان‌بینی هەویریان‌و چێشتیان خوێناوی بوە •

حەوتەم : ئەوە بو کاتێ بەنی‌ئیسرائیل دەرچوون‌و گەیشتن بە نیل خودای تەعالا ئەو ئاوە گەورەی کرد بە تۆ پارچەوە ، هەتا لە وشکانی ناو بەینەکەیانەوە دەرچوون •

هەشتەم : ئەوە بو کە دوازدە چاوەی لە بەردێ دەرکرد بۆ دوازدە تیرەی بەنی ئیسرائیل کاتێ گەیشتن بە سینا •

نۆهەم : ئەوە بو گەزۆو شەلاقە بەسەریانا ئەباری لەو کاتەدا کە لە نارای سینادا مانەوە •

وە غەیری ئەمانەیش گەلێ موعجیزەی تری بۆ دروست‌کردوون ، وەکو ئەوە کە قەومی فیرعەونی داگیرکرد بە گرانی‌و قاتەساڵی‌و بەرەکەتی هەڵگرت لە کشتوکاڵیان‌و ناو ماڵیان‌و هەنگیانی بێ هەنگوین کردو •••

گەلێ کارەساتی تریشی بەسەر قیبطیەکانا هێنا • بەڵام ئەو موعجیزانە زۆر مەشهوور بوون لە ناو بەنی ئیسرائیلدا بۆیە ئەوانەی ناوبرد •

وە بە قاعیدەی عیلمی ئوصوول عەدەد مەفهوومی موخالیفی بۆ ئیعتیبار ناکرێ ، واتە کاتێ وتت : دە پیاوم دی ، مانیع نیە لەوە زیاتریشت چاو پێکەوتبێ •

★ (فارادَ أنْ يَسْتَفِزَّهُمْ مِنَ الاَرْضِ فَاَغْرَقْناهُ ومَنْ مَعَهُ جَمِيعاً) (١٠٣) ★

جا فیرعەون ویستی کە موساو بەنی ئیسرائیلیەکان بە سووکی نەفی بکاو دووریان بخاتەوە لە وڵاتو ئێمەیش مەیدانمان پێ نەداو ئەمرمان کرد بە موسا لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا لە میصر دەرچێو ، فیرعەون بە قیبطیەکانەوە کەوتنە شوێنیان ، کاتێ کە موساو بەنیئیسرائیل دایان لە ئاوی نیل بەو موعجیزە کە باسمان کرد فیرعەونو قیبطیەکانیش کەوتنە دوایان هەتا چوونە ناو ئاوەکەوە ، جا فیرعەونو هەرچی لەگەڵدا بوو هەموویان لە ئاوی نیلدا خنکان •

★ (وقُلْنَا مِنْ بَعْدِهِ لِبَنِي إسرائيلَ : اسْكُنُوا الاَرْضَ فاِذا جاءَ وعْدُ الآخِرَةِ جِئْنا بِكُمْ لَفِيفاً) (١٠٤) ★

وە ئێمە لە پاش خنکاندنی فیرعەونو سوپاکەی وتمان بە بەنی ئیسرائیل لەسەر زمانی موسا : بڕۆن دابنیشنو دابمەزرێن لەو عەرزەدا کە فیرعەون ویستی دەرتان بکا لێی کە زەوی میصرە (بینا لەسەر ئەوە کە بەنیئیسرائیل لە میصرا مانەوە)وە یا لەو عەرزەدا کە بڕیار دراوە بۆتان وەکو عەرزی وڵاتی خۆیان بێ ، جا کاتێ وادەی ڕۆژی دوایی هات کە

رۆژی قیامەتە هەمووتان دێنم بە پێچراوەیی ، وە موحاکەمەی سوپای فیرعەون‌و ئێوە ئەکەم بزانم بۆ لایان دا لە حوکمی خودا ، وە موحاکەمەی خۆیشتان ئەکەم کە بەنی ئیسرائیلن ئایا بۆچی پاش ئەو هەموو نیعمەتی خودایە لەسەرتان بۆچی سەرپێچیتان کرد لە فەرمانی خوداو لە رێگە لاتان دا .

★ (وَبِالْحَقِّ أَنْزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا مُبَشِّراً وَنَذِيراً) (١٠٥) ★

وە ئەم کتێبە پیرۆزە کە قورئانە بە حەق‌و حیکمەت لە لایەنی خۆمانەوە نازلمان کرد وە لە رێگەیشا لەگەڵ حەقا هاتەخوارەوەو لە رێگەدا نە جین‌و نە مەلائیکە دەستیان بۆ نەبرد بە گۆڕین‌و تێکدان‌و تۆیشمان نەنارد ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئیللا بە موژدەدەر بە ئەهلی طاعەت‌و ترسانندە بۆ ئەهلی مەعصیەت‌و تۆ وەظیفەی خۆت تەواو بکەو تۆڵەو جەزا لەسەر ئێمەیە .

★ (وَقُرْآناً فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلاً) (١٠٦) ★

وە قورئانی پیرۆزمان ناردە خوارەوە بەش بەش بە پێی موناسەبەی تەمەن‌و تەربیەی ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە بیخوێنیتەوە لەسەر ماوەو مۆڵەت‌و ئارامی‌و ، خۆمان ناردمانە خوارەوە لە ژێر چاودێری‌و ریعایەت‌و عینایەتا بۆ ئەوە کە تۆ ببێتەوەی بە هۆی رزگاری عالەمی هۆشیاران .

★ (قُلْ : آمِنُوا بِهِ أَوْ لا تُؤْمِنُوا ، إِنَّ الَّذِينَ اُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذا يُتْلى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلأَذْقانِ سُجَّداً (١٠٧) وَيَقُولُونَ : سُبْحانَ رَبِّنا إِنْ كانَ وَعْدُ رَبِّنا لَمَفْعُولاً (١٠٨) وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعاً) (١٠٩) ★

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە : ئیمان بێنن بەم قورئانە یاخود ئیمان نەیەنن پێی ، نیسبەت بە پایەی قورئان بێ فەرقە ؛ چونکی هەر شتێ کەلام یا (متکلم) مادام خۆی خاوەن کەمال بێ ئیتر بە تاریفو زەمی خەڵکی ئەو کەمالە زاتیە ناگۆڕێو کەم ناکا ، وە لەم لایشەوە ئێوە ئیمانی پێ بێنن یا نەیەنن قەی ناکا ؛ چونکی ئەو کەسانە کە عیلمو زانیاری راستەقینەیان پێدراوە بە نازڵبوونی ئەم قورئانە لە پێش هاتنی قورئانا (واتە ئەو ئەهلی کیتابانە کـە تەماشای کتێبی قەدیمیان کردوەو ئاگادار بوون لەسەر هاتنی پێغەمەری ئاخر زەمانو نازڵکردنی قورئان بۆ ئەو •• هەموو ئیمانیان هەیە بەم قورئانە) ، جا ئێوە ئیمان نایەنن کەیفی خۆتانە ، وە ئیمانەکەیشیان وەهایە کاتێ قورئان بخوێنرێتەوە بەسەریانا ئەکەون بەسەر روخسارو چەناکەدا بە سوجدە بردن بۆ ئەو خودایە کە خاوەنی ئەو قورئانەیە •

وە ئەڵێن : خودای پەروەردگاری ئێمە دوورە لەوە کاری بێ حیکمەت بکاو کەلامی ناتەواو رەوانە بکا ، وە هـەر وادەیـەکی داوە بە ئادەمیزاد لـە کەلامەکەیا هەموو دێنـە جێو ئەکرێنو ئەوانە کـە ئیطاعەی ئەکەن بەختیارن ، وە ئەوانە کـە ئیطاعەی ناکەن بەدبەختو ناهەموارنو دەوام ئەکەن لەسـەر سوجدەبردن بۆ خوداو کەوتن بەسـەر روخساری پاکو چەناکەی خۆیاناو بیستنی قورئانی پیرۆز ترسو لەرزی دڵیان زیاد ئەکاو گەرمی دەروونیان بەجۆشتر ئەکا •

★ (قُلِ : ادْعُوا اللهَ أوِ ادْعُوا الرَّحْمنَ ، ايّاً مَّا تَدْعو فَلَهُ الاَسْماءُ الحُسْنى ، ولا تَجْهَرْ بِصَلاتِكَ ولا تُخافِتْ بِها وابْتَغِ بَيْنَ ذلِكَ سَبِيلاً) (١١٠) ★

فەقەرەی یەکەم لەم ئایەتە پیرۆزە هاتەخوارەوە لە کاتێکدا کافرە موشریکەکان ئەیانبیست کە حەزرەت ـ د ـ ئەیفەرموو : (یا الله ، یا رحمان) ، ئەوانیش وتیان : تەماشا بکەن ئەم پێغەمەرە مەنعی ئێمە ئەکا لە عیبادەتی دوو خودا کەچی خۆی ناوی دوو کەس ئەبا ، جا خودا فەرمووی : ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بڵێ : ئەی خوداپەرست بانگ بکەو بڵێ : (یا الله)وە یا بڵێ : (یا رحمان) مادام ئەمانە ناون بۆ یەك زات بە هەرکامیان بانگ بکەن لە زاتی خوداو بپاڕێنەوە دروستە هەروا بە ناوەکانی تریش ؛ چونکە بۆ خودای تەعالایە ژمارەیێ لە (اسماء الحسنى) واتە ئەو ناوانە کە گەورەیی خوداو دووری لە عەیب ئەگەیەنن ٠

وە فەقەرەی دووهەم لەم ئایەتە پیرۆزە یانی (ولا تجهر بصلاتك) نازڵ بوە لە شانی حەزرەتی ئەبوبەکرو حەزرەتی عومەردا ـ خ ـ ٠ ریوایەت کراوە کە ئەبوبەکر بە بێ دەنگ دۆعای ئەکردو زیکری ئەخوێند ، وە عومەر بە دەنگی بەرز ئەمانەی ئەکرد ٠ حەزرەت ـ د ـ پرسی لە ئەبوبەکر : بۆچی وا بە پەنامەکی زیکر ئەکەی ؟ ئەویش عەرزی کرد : من لە خودای خۆم ئەپاڕێمەوەو ئەو زانایە بە هەموو شتێ ؛ وە پرسیشی لە عومەر : بۆچی بە دەنگی بەرز زیکر ئەکەی ؟ فەرمووی : شەیتان لە خۆم دوور ئەخەمەوە ٠ جا ئەم فەقەرە نازڵ بو ٠ واتە : بە ئاشکرا زیکرو دۆعا مەکە وا کە هەموو

کەس لە دەورتا بیبیسێو وایش بە پەنامەکی مەیانخوێنە کە هەر خۆت بیانبیسی ، بەڵکو لە بەینی ئەم دوانەدا پایەیێ بۆ خۆت هەڵبژێرە ، یانی عومەر کەمێ نزمی بکاتەوەو ئەبوبەکریش کەمێ بەرزی بکاتەوە •

وە بازێ ئەفەرموون : مەبەس هەر خوێندنەوەی قورئانە لە نوێژا ؛ چونکی ئەحمەدو بوخاریو موسلیمو ترمذیو نەسائیو ئیبنو حبانو غەیری ئەمانەیش ریوایەتیان کردوە لە ئیبنو عەباسەوە ـخـ ئەم ئایەتە نازڵ بوە لەو کاتەدا کە پێغەمەر ـدـ لە مەکەدا موختەفی بوو خۆی لـە کافـرەکان دەرنەدەخست ، وە لـەو کاتانـەدا نوێژی بـە ئیمـامەت بۆ ئەصحابەکان ئەکردو دەنگی بەرز ئەکردەوە لە قورئان خوێندنا ، وە کاتێ کافرەکان دەنگیان ئەبیست جنێویان ئەدا بە قورئانو بەو کەسە کە نازڵی کردوە ! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵکردو مەنعی حەزرەتی کرد لەوە دەنگ بـەرز بکاتەوە لـە قورئان خوێندنا تا کافرەکان نەیبیسنو جنێو نەدەن ، وە ئەوەندەیش دەنگ نزم نەکا کە ئەصحابەکان نەیبیسنو سەریان لێ تێك بچێ لە کەوتنە شوێنی حەزرەتا بەڵکو دەنگی لە بەینی ئەم دوو پایەدا بێ •

★ (وقُلِ : الحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ ولَدًا ولَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي المُلْكِ ، ولَمْ يَكُنْ لَـهُ ولِيٌّ مِنَ الذُّلِّ وكَبِّرْهُ تَكْبِيراً) (١١١) ★

وە ئەوەی کە بۆ تۆو پەیڕەوانی تۆ بە قیمەت بێ تەوحیدی خودایەو باوەڕکردنە بە عیزەتیو بڵێ : هەرچی سوپاسو ستایشە بۆ زاتی خودایەکە کە نەوەی بۆ خۆی بڕیار نەداوەو بێ نیازە لـە نەتەوەو هاوبەشی نەبوەو نابێ لە گەورەییو دەستەڵاتاو قەت داماوی بەسەرا نەهاتوەو یارمەتیدەری

نەبوە لەبەر داماوی‌و ، خودای خۆت زۆر بــە گەورە بگرەو دەوام بکە لەسەر ئەم حاڵە •

ئەم ئایەتە ناوی (آیة العزە)یەو ریوایەت کراوە : هەر منداڵێ لــە بەنی (عبدالمطلب) ئەگەیشتنە تەمەنی فام‌و تەمیز ئەم ئایەتەی نیشان ئەدان بۆ ئــەوە بیخوێننەوە • وە بەیهەقی لــە کتێبی (الاسماء والصفات)دا ریوایەتی کردوە لە ئیسماعیلی کوڕی (ابوفدیك)ەوە ئەڵێ : حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : قەت کارێکی گرنگ نەهاتوە بەسەرما ئیللا جوبرەئیلم بۆ دەرکەوتوەو پێی وتووم : (یا محمد قل : توکلت علی الحي الذي لا یموت ، والحمد لله الذي لم یتخذ ولدا ولم یکن له شریك في الملك ولم یکن له ولي من الذل وکبره تکبیرا) •

سوپاس‌و ستایش بۆ خودا بە هەموو مەعنایێ کە شیاوی بارەگای ئەو بێ کە رزگار بووم لە تەفسیری سوورەتی (ئیسراء) کە رزگاربوونیشە لە تەفسیری نیوەی یەکەمی قورئانی پیرۆز ، لە پێش نوێژی عەسری رۆژی چوارشەمەی بیست‌و پێنجی مانگی شــەوالی هــەزارو سێصەدو نــەوەدو هەشــتی کۆچی ، رێکەوتی رۆژی بیست‌و حــەوتی مانگی تۆی هەزارو نۆصەدو حەفتاو هەشتی زاینیدا لە حوجرەی مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی • من کــە عەبدولکەریمی محــەمەدی کوردی شارەزووری لــە هۆزی قازیم •

سوورەتي (كەهف) مەكيبە ئايەتي ٣٨و ئايەتەكاني ٨٣ تا ١٠١ نەبێ ، ئەوانە مەدەنين ، ئەم سوورەتە ١١٠ ئايەتە ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلى عَبْدِهِ الكِتَابَ ولَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجاً (١) قَيِّماً لِيُنْذِرَ بَأْساً شَدِيداً مِنْ لَدُنْهُ ، ويُبَشِّرَ المُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلونَ الصَّالِحاتِ أنَّ لَهُمْ أجْراً حَسَناً (٢) ماكِثِينَ فِيهِ أبَداً) (٣)

هەرچەند ستايش‌و سوپاس كراوەو ئەكرێ هەتا هەتايە هەمووی هەر بۆ ئەو خودايە كە ئەو كتێبە پیرۆزە بەرزە بەرێزەی ناردوەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خاوەن پەيمان‌و ئيمانی ساغی كە حەزرەتی (محمد المصطفى)يە وە ئەو كتێبەی دوور خستوەتەوە لە لاری‌و ناباری ، واتە لەبەر بيری ئادەمی ژيرا (تناقض و مونافات)و بەگژاچوونی ئايەتێ بۆ ئايەتێكی تری تێدا نيە ، وەكو ئاوێكی ساف لەسەر چاوەيەكی بەرزو پاكەوە برژێتە خوارەوەو بە روبارێكی رێكدا بێتە خوارەوە بۆ سەر كشتوكاڵ‌و خواردنەوەی ماڵ‌و منداڵ وەها دەرۆيی‌و ئەڕوا ٠

وە هەر مونافاتێ بیری ئینسانێکی کەمبیر بۆی بڕوا لە کزیو کەمو کووڕی بینایی عەقڵو عیلمو زانستی ئەو کەسەیە وە بە کەمتر مولاحەزەیێ چار ئەکرێ •

وە ئەو ئەحکامە وا لەو کتێبەدا لە بارەی بیرو باوەڕی بوونی پەروەردگاری (واجب الوجود)و یەکیەتیو صیفاتی قەدیمەی رەسای ئەوەوە ، وە لە بارەی ریسالەتو رەهبەری رەهبەرەکانەوە وە لە بارەی ئادابی ئایینو کۆمەڵایەتیو ژیوارو دادگەریو بەرگری دوژمنانی دین . وە لە بارەی خولکو رەوشتی شیرینەوە هەمووی رێکو راستو موافیقی عەقڵی عاقڵانە •

وە ئەم قورئانە وەکو رەهنوماییو سەرقافڵەیەکە کەوتبێتە بەر قافڵەکەیەوەو بە راستەشەقاما بیبا بە رێگەداو بیانپارێزێ لە کەندو لەند هەتا تەسلیمیان ئەکا بە مەنزڵو ماوای دوا رۆژی سەفەریان وەها رەهنومایەکی راستو ئەمینو بەردەوامە •

وە کتێبێ وەهابێ یەکە نیعمەتە لە لایەنی خوداوە •

یەکەم : بۆ ئەو پێغەمەرە کە هاتوە بۆی ؛ چونکی ئەبێ بە مامۆستای دانشگای غەیبی ئەو رەهبەرە وە دەرزی کەمالی نیشان ئەدا ، وە پاش کەمال دەرزی ئیرشادو تەمێو تەربیەی غەیری پێ ئەدا بۆ ئەوە کە ببێ بە (رحمة للعالمین)وا بوو بە نیعمەتی کەمالو تەکمیل بۆ پێغەمەری نازار ــ د ــ •

دوەم : بۆ ئەو ئومەتە کە بە هۆی ئەم کتێبە پیرۆزەوە لە تاریکی نەزانیو بەدبیریو بەدکاری دەرئەچێ بۆ مەیدانی زانیاریو خۆشبیریو شیرینکاری، وە بۆ ئەوانیش بە پێی بارەی خۆیان کەمالو تەکمیل ئەگەیەنێ، وە نیعمەتێ وەهابێ شیاوە بۆ ئەوە کە سوپاسی خاوەنەکەی بە دڵو گیانو زمانو هەموو ئەندامێکی لەشی بکرێ •

هەروا ئەو کتێبە پیرۆزە نیگابانی عالەمی خاوەن عەقڵەو بانگیان ئەکا بۆ دەوام لەسەر ئیطاعەی خوداو پێغەمەری خودا بە ترساندنو موژدەدان ، وەکو خودا فەرموویە با ئەم قورئانە ئینذاری کافرەکانو نافەرمانەکان بکا بە سزایەکی بە تین لە لایەنی خوداوە وە موژدە بدا بەو موسوڵمانانە کە کردەوەی باش ئەکەن بەمە کە لە رۆژی خۆیا پاداشتێکی جوانیان هەیەو لەو جێگەو شوێنەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە •

(وَيُنْذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللهُ وَلَداً(٤)•

وە بە تایبەتی بترسێنێ ئەو کافرانە کە وتوویانە خودای تەعالا نەتەوەی بۆ خۆی بڕیار داوەو فریشتەکان کچی خودانو عوزەیرو عیسا کوڕی خودان •

(مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَائِهِمْ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِنْ يَقُولُونَ إِلَّا كَذِباً) (٥) •

وە ئەم کافرانە بە هیچ جۆر زانستو زانیارییان نیە بەو قسە پووچە نە بۆ خۆیانو نە باوکو باپیرەیان کە سەرچاوەی ئەم درۆ بێسەرو بەرەن وە زۆر زۆر گەورەیەو نابارەو ناهەموارە ئەو کەلیمەو ئەو وێژراوە کە دەرئەچێ لە دەمیانو لەبەر بێشوعووری ئەوان بە حەقیقەت بە گەورەیی قسەکەیان نازاننو ناڵێنو دەم ئاوێژ ناکەن بە وتارێکی دووری بێ ئەساسو بێ بناغە نەبێ •

(فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفاً (٦) •

ئەڵبەتە تۆ ئەی خۆشەویست خۆت ماندوو ئەکەیو خۆت ئەکوژی بە شوێن ئەوانا ئەگەر ئیمانو باوەڕیان نەبێ بەم قورئانە لەبەر خەفەتخواردن لەسەر گومڕاهی ئەوانو ، تۆ وا مەکە بە خۆت ؛ چونکی لە جیهانی تەکلیفا هەرکەسێ خۆی ڕێگەی خۆی ئەگرێ هەتا لەسەر دڵخوازی خۆی ئەگات بە پاداشی خۆی •

(إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الأَرْضِ زِينَةً لَهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً)(٧) •

بە ڕاستی ئێمە ئەوەی وا بەسەر عەرزەوە لە گیانلەبەرانو لە بێگیانانو گیاو دارو کانی بەقیمەت ، وەکو نەوتو ئاڵتوونو زیوو ئاســـنو باقی کانەکان ••• کردوومانە بە هۆی جوانی جیهانو لەبەر چاوی ئەهلی جیهانا جوانمان کردوە بۆ ئەمە کە بەراوردیان بکەین ، واتە دەرکەوێ لەوانەوە وەکو لە بەراوردکراو تا بزانین کام لەو هۆشیارانە کردەوەیان باشترە لــــە سوودوەرگرتن لێیان تا لەسەر ئەو ئیستیفادەی ئەوانە پاداشیان بدەینەوە ، واتە ئەوانە کە سوودیان لێ وەرئەگرن بۆ ژیواری خۆیانو باقی هاونەوعیان بە شێوەیەکی مەشرووع وە واریداتو حاصڵاتەکەیان ئەکەن بــــە هۆی ئاوەدانکردنەوەی جیهان بە جۆرێ سوودی هەردوو دنیای لێوەربگرنو پاداشی باشیان بدەینەوە وە ئەوانە کە هەرچی واریداتیان بێ لەم جیهانەدا سەرفی ئەکەن لە ئارەزووی نەفسی بەدکاراو بەکاری دێنن لە ڕێگەی کینەو قاراو بە وەهمی شەیتانی بەر ئەبن لە گیانی ئادەمیزاد ، ئەوانەیش بە تۆڵەی قیامەتو بە سزا گیرۆدە ئەبن •

(وَإِنَّا لَجَاعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيداً جُرُزاً)(٨) •

وە ئەوەیش وا بەسەر عەرزەوە لای ئەبەین‌و عەرزەکەی ئەکەین بە عەرزی بێ گیاو بێ دار •

(اَمْ حَسِبْتَ اَنَّ اَصْحابَ الكَهْفِ والرَّقيمِ كانُوا مِنْ آياتِنا عَجَباً)(٩) •

یا خێر تۆ گومان ئەبەی کە ئەوانە کە رایان‌کرد لە دەستی پاشای رۆمی مەشهوور بە دەقیانووس‌و مەشهوورن بە (اصحاب الکهف) بە ئیعتیباری ئەوە کە لە ئەشکەوتدا مانەوەو بە (اصحاب الرقیم) بە گوێرەی ئەوەی کە ئەو کێوەی ئەشکەوتەکەی تێدابو ناوی رەقیم بو ، یاخود سەگەکەیان ناوی رەقیم بو ، یاخود لە تەختە بەردێکدا پاش دۆزینەوەیان ناوو نیشانیان نووسراوەو لە دەرگای ئەشکەوتەکەیانا دانراوە •

گومان ئەبەی بە وەزعی ئەوان‌و مانەوەی بەنوستوویی ئەوان لە ماوەی سێصەدو نۆ ساڵدا شتێکی عەجیبە لەبەر توانایی مندا ، حاشا بۆ توانایی من هیچ شتێ جێگەی سەرسوڕمان نیە •

(اِذْ أَوى الفِتْيَةُ اِلى الكَهْفِ فقَالُوا : رَبَّنا آتِنا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً وهَيِّءْ لَنا مِنْ اَمْرِنا رَشَداً)(١٠) •

لەو کاتەدا کە ئەو کۆمەڵە جوانە لە شاری (ئەفسوس) دەرچوون‌و رۆیشتن بۆ ئەشکەوتێ لەو نزیکەدا بۆ ئەوە خۆیان بشارنەوە ، جا پاڕانەوە لە خوداو وتیان : پەروەردگارا لە لایەنی خۆتەوە میهرەبانیەکمان لەگەڵدا بکە ببێ بە هۆی رزگاریمان لە دەستی دەقیانووس‌و ببێ بە هۆی ئەوەیش تاوانمان

بیەخشی ، وە بۆمان ئامادە بکە لەم کارەدا کە ئێمە واین لە سەری ، وەکو ڕاکردن لە دەستی ستەمگاریێ ، گەیشتن بە ئەنجامێکی پیرۆز •

(فَضَرَبْنا على آذانِهِمْ في الكَهْفِ سِنِينَ عَدداً)(١١) •

منیش پاش ئەوە چوونە ئەو ئەشکەوتەوە دام بە گوێیانا ــ واتــــە نواندمن ــ ماوەی چەن ساڵێکی خاوەن ژمارە وەکو باسی ئەکەین •

(ثُمَّ بَعَثْناهُمْ لِنَعْلَمَ ايُّ الحِزْبَيْنِ احْصى لِما لَبِثُوا امَداً) (١٢) •

پاش ئەو ماوەیە لە خەو خەبەردارم کردنەوە بۆ ئەوە عیلمی ئێمە تەعەلوق بیەستێ بەو تاقمیانەوە باش ئاگادارنو ڕاستوتارن لە ماوەی مانەوەیانا •

(نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُمْ بِالحَقِّ : اِنَّهُمْ فِتْيَــــةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وزِدْناهُمْ هُدىً)(١٣) •

تۆ گوێ مەدە بە قسەو باسی ئەو خەڵکە کە باسی (اصحاب الكهف) ئەکەن ، ئێمە هەواڵی ئەوانت بە ڕاستی بۆ ئەگێڕینەوە : ئەوانە کۆمەڵێ بوون ئیمانیان هێنــا بو بە خودای خۆیانو منیش لەبــەر ڕاستکاری ئەوان هیدایەتو شارەزایی ڕۆحیم بۆ زیاد کردبوون •

(ورَبَطْنا على قُلوبِهِمْ اِذْ قامُوا فَقالُوا : رَبُّنَا رَبُّ السَّماواتِ والأرْضِ لَنْ نَدْعُوَ مِنْ دونِـهِ إلهـاً لَقَـدْ قُلْنــا ــ اِذاً ــ شَطَطاً) (١٤) •

وە دڵمان ئەستوورکردن لەو کاتەدا راستەوە بوونو بەرابەر بە پاشای ستەمگار نارەزاییان دەربڕیو وتیان : خودای ئێمە بتی تاشراو نیەو خودای ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەوییەو بە راستی ئێمە هەتا هەتایـــــە بەندەیی بۆ غەیری ئەو ناکەینو بێجگە لەو بانگ لە خودایەکی تر ناکەین ، ئەگەر ئێمە شتێکی وا نارەوا بکەینو بانگ لە غەیری ئەو بکەین ، لـــەم کاتەدا ، بە راستی ئێمە قسەیەکی دوور لە راستیمان کردوە •

(هؤلاءِ قَوْمُنا اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ آلِهةً ، لَوْلا يَأْتُونَ عَلَيْهِمْ بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ ، فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَـرى على اللهِ كَذِباً ؟) (١٥) •

ئەوانە ئەو قەومی ئێمە لەبەر گومڕاهی غەیری پەروەردگاری حـەق چەن بتێکیان کردوە بە پەرستراوی خۆیان ، جا ئەگەر راست ئەکەن بۆچی نایەن دەلیلێکی رووناك بێننەوە لەسەر ئەوە کە ئەوانە خودانو شـیاوی ئەوەن بپەرسترێن ، کە مادام دەلیلیان نیە دیارە درۆزنن ، جا ئەبێ کێ زاڵمتر بێ لەو کەسە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێو ئەڵێت : ئـەو خودایە شەریكو هاوڕێی هەیە ؟

(وَاِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ اِلاَّ اللهَ . فَأْوُوا اِلى الْكَهْفِ يَنْشُرْ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ رَحْمَتِهِ ، وَيُهَيِّىءْ لَكُمْ مِنْ اَمْرِكُمْ مِرْفَقاً) (١٦) •

جا بازێکیان بە بازێکیان وت : مادام ئێوە کەنارتان لــەو گــەلە بتپەرستەو لە بتەکانیان گرت دەی روو بکەنە ئەو ئەشـــکەوتە دوورە

ئەستوورەو خۆتانی تێدا پەنا بدەن بێ‌گومان خودا ئێوە زایە ناکاو لــــە میهرەبانی خۆی بەشتان ئەداو سفرەیەکی ژیواری کەرەمو هێزێکی دڵو دەروونو شادمانیەکی رۆحیتان بۆ بلاو ئەکاتەوەو رای ئەخا بۆتان وەها کە بەشی هەمووتان بکا ، وە بۆتان ئامادە ئەکا لەم بابەتی خوداپەرســـتیو دوورکەوتنەوە لە فیتنە .. شتێ کە هۆی ئاسایشو ئەنجامی خێرتان بێ .

(وتَرى الشَّمْسَ إذا طَلَعَتْ تَزَاوَرُ عَنْ كَهْفِهِمْ ذاتَ اليَمينِ ، وإذا غَرَبَتْ تَقْرِضُهُمْ ذاتَ الشِّمالِ ، وهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِنْهُ ، ذلِكَ مِنْ آياتِ اللهِ ، مَنْ يَهْدِ اللهِ فَهُوَ المُهْتَدِ ، ومَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ وَلِيّاً مُرْشِداً) (١٧) .

وە تۆ ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، ئەگەر لەو شوێنەدا بوویتایێو تەماشات بکردایە رۆژت ئەبینی کاتێ کە کەناری ئاسمان دەرئەکەوت لای ئەدا لە ئەشکەوتەکەی ئەوان بە لای راستیانا ، واتە پڕتەوەکەی نەئەڕۆیشتە ناو ئەشکەوتەکەیانەوە ، وە کاتێ کە رۆژیش ئاوا ئەبو ئەیدا بەسەریانا بەرەو لای چەپیانو پڕتەوەکەی بە تەواوی نەئەڕۆیشتە ناو ئەشـــکەوتەکەوە . ئەمەیش لەبەر ئەوە بو کە ئەشکەوتەکەیان شیمالی بوو،دەرگای ئەشکەوتەکە بەرەو (قوطب) بوو ناوەکەی بەرەو جنووب بوو هەر شـــوێنێ وابێ لەو ولاتەدا پڕتەوی رۆژ ناڕواتە ناویەوە .

بۆ روونکردنەوەی ئەم ئایەتە ئەڵێن : ئەو شارە کە دەقیانووسی رۆمی تێدا بوەو ئەم کارەســـاتە تیا رووی داوە ناوی ئەفسووس بوەو لە نزیکی شاری ئەسکەندەروونەوە بوە کە ئێستە بە دەستی تورکەوەیەو نـــزیکی دەریایــە .

وە بازێ ئەڵێن : ئەو شـــارە لە نزیکی (ئەردەن)ی ئیمڕۆدا بوەو ئەشکەوتەکەیش کە ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە خۆیان تێدا کەنار داوە وا لە کێوێك لە کێوەکانی ئەوێدا • وە ئەو وڵاتە وەکو عێراقی ئێمە کەوتوەتـە شیمالی مەداری (سرطان) کە ئاخر مەداری هاتوچۆی کەوکەبە لە شیمالەوە وە لە یەکەم رۆژی هاوینا بەوێدا ئەسووڕێتەوە •

جا نزیکترین کاتی رۆژ بەو شوێنە سەرەتای هاوینە ، وە لەو رۆژەدا لە وڵاتی ئێمەدا رۆژ دوازدە دەرەجە لێمانەوە دوورەو لای جـــەنووبی ئەکەوێتە لای ئێمەوە ، وە بـــە نیسبەتی ئەســـــکەندەروونەوە یا وڵاتی ئەرەدەنیشەوە هەروا لە یەکەم رۆژی هاوینا کە ئەوپەڕ دەرەجەی نزیکی رۆژە لەو وڵاتەوە هەر رۆژ جەنووبیە لە وڵاتەکەوەو ئەشکەوتەکەیش لـە کێوەکەدا وا هەڵکەوتوە دەرگاکەی رووی کـردوەتە ئەســـتێرەکانی (حەوتەوانە) کە ئەستێرەی (قطب) وا لە ناو ئەواناو خانووی ئەشکەوتەکە ئەبێ بە جەنووبی لە دەرگاکەیەوە •

جا هەرکاتێ رۆژ هەڵبێ کاتی گەیشتن بە مەداری سەرەطان پڕتەوەکەی ئەدا لە لای خۆرئاوای ئەشکەوتەکە ، وە هەر کاتێ رۆژ لە ئەشکەوتەکـە نزیکە ئاوا ببێ پڕتەوەکەی ئەدا لە لای خۆرهەڵاتی ئەشکەوتەکە یا لـــە دەرگای ئەشکەوتەکە ، وە لە هەردو کاتەکەدا کەمێ پڕتەو ئەدا لە دەرگای ئەشکەوتەکەو بەم جۆرە ئەو کۆمەڵە هەم هەوای باشیان بۆ ئەڕۆیشـــتو هەتاوەکە لێی نەئەدانو لەو ماوە زۆرەدا بە پارێزراوی مانەوە •

وە بازێ لە زانا بەرزەکان فەرموویانە : هۆی مانەوەیانو پارێزراوییان ئەمە نەبوە بەڵکو هەر پارازتنی پەروەردگار بوە ئەنا مانەوەی سـێصەدو نۆ ساڵ بە عادەت مومکین نیە مەگەر بە هێزی توانای خودا •

بە هەرحاڵ ئەم رووداوە یەکێکە لەو کەراماتەو لەو (خارق العادات)ە کە خودا لە قورئانی پیرۆزا باسی کردوە بۆ دۆستانی خۆی کە پیاوچاکانی خودان • هەروا دەسکەوتی رزقی زستانە لە هاویناو میوەی هاوینە لە زستانا بۆ حەزرەتی مەریەم ـ د ـ ئەویش کەرامەتێکە لە کەرامەتەکانی ئەولیا کە لە قورئانا باس کراوە • وە هێنانی تەختی (بلقیس)ی پادشای وڵاتی (سبأ)ی لە یەمەندا بە چاوبڕکەیێ بۆ فەلەستین لە لایەنی ئاصەفی کوڕی بەرخیاوە ئەویش هەر لەم بابەتانەیەو موعجیزەی سولەیمان نیە ئەگەرنا ئەو خۆی ئەو تەختەی ئەهێناو ئەمری بە کەس نەدەکرد بۆی بێنێ وەکو لە قورئانی پیرۆزا باس کراوە •

(وتَحْسَبُهُمْ اَيْقاظاً وهُمْ رُقودٌ)

ئەگەر تەماشایان بکەی گومانیان پێ ئەبەی بەخەبەرنو نەنوستوون ؛ چونکی چاوەکانیان کراوەتەوە کەچی لە راستیدا ئەوان خەوتوون •

(ونُقَلِّبُهُمْ ذاتَ اليَمينِ وذَاتَ الشِّمالِ) •

وە هەڵیانئەگێڕینەوە بە لای راستاو بە لای چەپدا بۆ ئەوە کە عەرز لە لەشیان نەخوا بە هۆی زۆری ماوەوە •

(وكَلْبُهُمْ باسِطٌ ذِراعَيْهِ بِالوَصيدِ) •

وە سەگەکەیشیان هەردو باسکی راخستوە بە دەرگای ئەشکەوتەکەدا بۆ ئەوە کە دڕندە نەڕواتە ناو ئەشکەوتەکەوە بیانخوات •

(لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِراراً ولَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْباً)(١٨) •

ئەگەر ئاگادار ببی لەسەریانو بۆیان بڕوانی پشتت هەڵئەکردو بە راکردنەوە لەو شوێنە هەڵئەهاتیو هەموو گیانت پڕ ئەبو لە ترس ، لە وەزعی ئەو کۆمەڵە لە : تووکی درێژو ، چاوی زاقو ، وەزعی شوێنەکەو ، پاسەوانی سەگەکەیان کە بەو شێوە بە هەیبەتە دەرگای ئەشکەوتەکەی گرتوە • وە زیاد لەمانەیش خودا بیەوێ یەکێ بپارێزێ هەیبەتێ ئەخاتە سەری خەڵك ناتوانن سووکی بکەنو بە سووکی بۆی بڕوانن •

(وكذلِكَ بَعَثْناهُمْ لِيَتَساءَلوا بَيْنَهُمْ ، قالَ قائِلٌ مِنْهُمْ : كَمْ لَبِثْتُمْ؟ قالُوا : لَبِثْنا يَوْماً اَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ، قالُوا : رَبُّكُمْ اَعْلَمُ بِما لَبِثْتُمْ ، فَابْعَثُوا اَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هذِهِ اِلى المَدِينَةِ ، فَلْيَنْظُرْ أيُّها اَزْكى طَعاماً فَلْيَأْتِكُمْ بِرِزْقٍ مِنْهُ ، ولْيَتَلَطَّفْ ، ولاَ يُشْعِرَنَّ بِكُمْ اَحَداً)(١٩) •

وە هەر وەکو ئەوانم نواند وەهایش خەبەردارم کردنەوە بۆ ئەوە پرسیار لە یەك بکەن لە ماوەی نوستنیانو لە وەزعی خۆیان هەتا ئاگادار بین لە هێزو تەوانایی ئێمە •• جا کاتێ خەبەریان بوەوە یەکێ لەوان وتی : ماوەی چەندێ نوستوونو ماونەتەوە لەم ئەشکەوتەدا ؟ ئەوانیش وتیان : ڕۆژێ یا بازێ لە ڕۆژێ؛چونکی وەختی خۆی لە چاشتەڕۆژا چووبوونە ئەشکەوتەکەو کاتێ خەبەریان بوەوە پاش نیوەڕۆ بو ، جا گومانیان برد ئەوە یا پاش نیوەڕۆی عەینی ڕۆژە یا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایە • وە پاش وردبوونەوە

لە وەزعی خۆیانو مووی سەرو ریشیانو درێژی نینۆکەکانیانو تێکچوونی بەرگو پۆشاکیان •• وتیان : هەر پەروەردگاری خۆتان ئەزانێ چەندێ لەم شوێنەدا ماونەتەوە ، وە بە هەرحاڵ ئیستە برسیمانە یەکێکتان بنێرنو نەختێ خەرجیو پوولی رەواجی رۆژ لەوەی پێمانە لەگەڵ خۆی بەرێو تەماشا بکا کام شوێن لە شارەکەدا ، یا کام کەس لە ئەهلی شارەکە پاکترو حەڵاڵترو خۆشترو هەرزانتر خواردەمەنییان لایە با ژیوارتان بۆ بێنێ ، بەڵام با زۆر بە نەرمیو ناسکی مامەڵەو قسە بکا لەگەڵ مامەڵەچیاناو خواردەمەنییەکی باشمان بۆ بسێنێ ، وە یا زۆر ئاگادار بێ لە وتارا با پاسەوانو خەڵکی ناوشار پێمان نەزانن‌و کەسمان لێ ئاگادار نەکەن •

(اِنَّهُمْ اِنْ يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُموكُمْ اَوْ يُعِيدوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَنْ تُفْلِحوا اِذاً اَبَداً)(٢٠) •

بە راستی ئەوان ئەگەر پێتان بزانن زاڵ ئەبن بە سەرتاناو کاتێ زاڵبوون بەسەرتانا بەردەبارانتان ئەکەن‌و ئەتانکوژن ، یا بە زۆر ئەتانبەنەوە بۆ سەر دینەکەی خۆیانو مادام بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینەکەی ئەوان قەت لە سزای خودا رزگار نابن •

(وكذلِكَ اَعْثَرْنا عَلَيْهِم لِيَعْلَموا اَنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ وَاَنَّ السَّاعَةَ لا رَيْبَ فِيها ، اِذْ يَتَنازَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ، فَقالوا : ابْنُوا عَلَيْهِمْ بُنْياناً ، رَبُّهُمْ اَعْلَمُ بِهِمْ ، قالَ الَّذينَ غَلَبُوا عَلى اَمْرِهِمْ : لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِمْ مَسْجِداً)(٢١) •

وه‌ هه‌ر وه‌کو وه‌ختی خۆی ئه‌وانمانه‌ نواند وه‌ له‌ پاش ئه‌و مـــاوه‌ زۆره‌ خه‌به‌ردارمان کردنه‌وه‌ وه‌ها وه‌زعێکمان سازاند که‌ خه‌ڵکمان ئاگادار کرد له‌سه‌ریان تا ئه‌وانه‌ که‌ ئاگادار بوون له‌سه‌ریان باوه‌ڕێکی راسته‌قینه‌ په‌یدا که‌ن به‌وه‌ که‌ وه‌عده‌ی خودا به‌ زیندووبوونه‌وه‌ی مردوو له‌ قه‌برا راسته‌و به‌ راستی رۆژی قیامه‌تیش گومانو شوبهه‌ی تێدا نیه‌ ، وه‌ ئه‌م ئاگادارکردنی خه‌ڵکه‌مان له‌سه‌ر ئه‌وان له‌ کاتێکدا کرد که‌ ئه‌هلی ئه‌و شاره‌ له‌ناو خۆیانـــا نیزاعیان هه‌بوو له‌ زیندوبوونه‌وه‌ی رۆژی قیامه‌تا بازێ لـــه‌وان ئه‌یوت : هه‌ر نیه‌ ، وه‌ بازێ ئه‌یانوت : هه‌یه‌ به‌ڵام هـــه‌ر به‌ رۆحه‌ به‌ بێ له‌ش ، وه‌ بازێکیش ئه‌یانوت : به‌ هه‌موو گیانو له‌شـــه‌ . وه‌ کاتێ له‌ پاش ئه‌و ماوه‌ زۆره‌ ئه‌و کۆمه‌ڵی ئه‌شکه‌وته‌مان بێدارکرده‌وه‌و ئه‌هلی ئـــه‌و شاره‌یشمان ئاگادار کرد له‌سه‌ریان حاڵی بوون ئه‌و خودایه‌ که‌ بتوانێ کۆمه‌ڵێ ئینسان له‌ ماوه‌ی سێصه‌دو نۆ ساڵدا بنوێنێو له‌شیان نه‌ڕزێنێو تووشی ئازاری داڕنانی نه‌کاو له‌ پاش ئه‌وه‌ له‌ خه‌و خه‌به‌ریان بکاته‌وه‌و بیانمرێنێته‌وه‌ .. ئه‌وه‌ ئه‌توانێ عاله‌می مردوانی گۆڕیش زیندووبکاته‌وه‌ له‌ پاش هاتنی واده‌ی قیـــامه‌ت وه‌ هه‌ر که‌سێ بگه‌یه‌نێ به‌و تۆڵه‌و پاداشه‌ که‌ به‌ یاسای خودا شیاوی بوون .

جا ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ به‌ حاڵی ئه‌هلی ئه‌شکه‌وته‌که‌یان زانی بوون بـــه‌ دوو به‌شه‌وه‌ ؛ ئه‌وانه‌یان که‌ زۆر له‌ باسی دینو (اصحاب الکهف) ئاگادار نه‌بوون وتیان : خانوویه‌ك له‌م شوێنه‌دا دروست بکه‌ن به‌سه‌ر قه‌بره‌کانیانه‌وه‌ هه‌تـــا وه‌کو نیشانه‌یه‌کی مێژوویی بمێننه‌وه‌ ، خودا خۆی ئه‌زانی ئه‌مانه‌ چی بوونو چ کاره‌ن ، ئیتر ئه‌وه‌نه‌ ئیهتیمامی ناوێ ، وه‌ ئه‌وانه‌یش که‌ زور ئاگاداربوون به‌سه‌ر حاڵی ئه‌وانا ، وه‌کو پاشای وڵاته‌که‌ که‌ موسوڵمان بو ، وه‌ ئـــه‌و که‌سانه‌ که‌ باش له‌و کۆمه‌ڵه‌ حاڵی نه‌بوون له‌ خه‌ڵکی شاره‌که‌ وتیان : بـــه‌ راستی مزگه‌وتێو عیباده‌تخانه‌یێ به‌سه‌ریانه‌وه‌ دروست ئه‌که‌ین ، واته‌ لـــه‌

نزیکیانەوە هەتا ئەو کەسانە کە دێن بۆ زیارەتی ئەم زاتانە لە بـــەر بیری قیامەت‌و یادی جیهادی جوانان لە ڕێگەی خودادا باش لـــەو مزگەوتەدا عیبادەت بکەن بۆ خوداو ئاسایش بکەن هەتا لەو شوێنەدا ئەمێننەوە •

لە تەفسیری (روح المعانی)دا ئەڵێ : ریوایەت‌کراوە : پاش ئەوە کــە خودای تەعالا ئەو کۆمەڵەیە نواند لە ئەشـــــکەوتەکەداو ماوەیێ رابوردو دەقیانووس مردو ئەوزاعێکی تر پەیدا بو هەتا لەو چەرخەدا کە ئەو کۆمەڵە خەبەرداربوونەوە پادشایەکی موسوڵمان پاشـــــای ئەو شارە بوو ئەهلی وڵاتەکەیشی زۆربەیان موسوڵمان بوون ، جا لە ناو خەڵکەکەدا نیزاع پەیدا بوو : ئایا قیامەت‌و زیندووبوونەوە هەیە یا نە؟ ئەوانە کافر بوون ئەیانوت: نیە، وە ئەوانەیش موسوڵمان بوون ئەیانوت : هەیە ، وە پاشای وڵاتەکە لەبەر ئەوە موسوڵمان بو زۆر لەم باسە دلگران بوو ، وە زۆر لە خودا پاڕایەوە کە نیشانەیێ دەربخا بۆ ئەم خەڵکە هەتا ئەوانە بیروباوەڕیان بە قیامەت نیە لەو بیرە بگەڕێنەوە بۆ باوەڕی ئیسلامیەت‌و تەصدیق بە خودا •

بە خواستی خودا لەم وەختەدا کۆمەڵی (اصحاب الکهف)لە خــەو خەبەریان بوەوە یەکێکیان لە خۆیان نارد بە بازێ سکەی چەرخی خۆیانەوە بۆ شار کە خواردەمەنییان بۆ بێنێ ، ئەویش هـــات بۆ شار تا گەیشت بــە ئینسانێ خواردەمەنی لێ‌کڕی‌و پارەی پێدا ، کاتێ کابرا تەماشای پارەکەی کرد وتی : برا ئەمە پارەی ئەم زەمانە نیەو (پارەی زەمانی دەقیانووسە) ئەڵبەتە تۆ خەزێنەت دۆزیوەتەوە ، وە ئەو کەسەیان برد بۆ لای پاشای ئەو ڕۆژەو پاشا پرسیاری لێ‌کرد : تۆ کێی ؟ وتی : من یەکێکم لــە ئەهلی ئەم شارەو لەگەڵ چەن کەسی تردا لەم ڕۆژانەدا لە ترسی دەقیانووس رامان‌کردو لە فلانە ئەشکەوتدا خۆمان حەشار داو نوستین ، کاتێ لە خەو هەســـتاین برسیمان بوو من هاتم خواردەمەنی بکڕم‌و ئەم خاوەن دووکانە هێنامی بۆ

لای تۆ ، وە پاشایش وەختی خۆی بیستبووی کە کۆمەڵێ جوانی خەڵکی ئەم شارە لە ترسی دەقیانووس هەڵهاتوونو ناوی ئەزانینو باسی ئەوەکانی کردنو کابرای نانسێن وتی : بەڵێ ئێمە ئەوانەین •

جا پاشا لەگەڵ کۆمەڵێ لە خەڵکی شارەکەدا رۆیشتن بـۆ ئـەو ئەشکەوتە ، کاتێ نزیك‌بوونەوە لە ئەشکەوتەکە ئەو یەکە کە هاتبو بۆ نانو خواردەمەنی وتی : ئێوە من ئیزن بدەن با بڕۆم وەزعی ئێوە بەیان بکەم بۆ هاوڕێکانم تا لێتان نەترسن ، وە ئیزنیان دا ، کاتێ گەیشتە ئەشکەوتەکەو ئەم باسەی گێڕایەوە بۆیان خودای تەعالا گیانی کێشانو مردنو پاشا بەسەر تەرمەکانیانا گەیشتو ماوەی قسەو باسی لەگەڵیانا نەما •

جا کۆمەڵی هاوڕێیی‌پاشا بوون بە دوو بەشەوە ، ئەوانە کە ئیمانیان نەبو وتیان : لەم شوێنەدا خانوویێ دروست بکەن بیێ بە نیشانە لەسەر ئـەم پیاوانە ، وە ئەوانەیش کە خاوەن بیرو باوەڕ بوون وتیان : ئەبێ مزگەوتێ لە نزیکیانا دروست بکەین تا هەرکەسێ هات بۆ زیارەتی ئەمانە لەو مزگەوتەدا بەندەیی بۆ خودا بکاو تەسبیحی خودا بکا لەسەر توانایی ئەو کـە ئەم وەزعەی بۆ (أصحاب الکهف) رێك‌خستوە • ئەمە بە کورتی تەرجەمەی چەن دێڕێکی (روح المعانی) بو •

وە لە تەفسیری (بیضاوی)دا ئەڵێت : پاشاکە لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا گەیشتن بە پیاوانی ئەشکەوتەکەو قسەیان لەگەڵا کردن ، جا وتیان بـە پادشا خوا حافیزت بێو پاش ئەوە لە شوێنی خۆیانا مردنو پاشا لە نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکەدا مزگەوتێکی کردەوە • والله اعلم •

(سَيَقُولُونَ : ثَلاثَةٌ رابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ) •

لەم نزیکانەدا بازێ لە ئەهلی کیتاب ئەڵێن : اصحاب الكهف سێ کەس بوونو چوارەمی گیانلەبەر لەگەڵیانا سەگەکەیان بوە • ئەمە قسەی جوولەکەیە ، یا قسەی (سید)ە لە گاورەکان •

(وَيَقُولُونَ : خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ) •

وە ئەڵێن : پێنج کەس بوونو شەشەم گیاندار لەگەڵیانا سەگەکەیان بوە •

(رَجْماً بِالْغَيْبِ) •

لەم قسانەدا کە ئەیکەن گومان بە شتی پەنامەکی ئەبەن ، واتە ئەو شتە کە غەیبەو پەنامەکیە بەگومان بۆی ئەڕۆن و گومان هیچ سوودی نیە لە باسانا •

(وَيَقُولُونَ : سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ)

وە زۆربەی گاورەکان یا (عاقب)ناو لە ناو ئەوانا ئەڵێن : پیاوانی ئەشکەوتەکە حەوت کەس بوونو هەشتەم گیاندار لەگەڵیانا سەگەکەیان بوە •

(قُلْ : رَبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِمْ ، مَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا قَلِيلٌ)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو : هەر پەروەردگاری من زاناترە بە ژمارەی ئەوانەو ژمارەی ئەوانە بە راستی نازانێ مەگەر کەم کەس •

(فَلا تُمارِ فِيهِمْ اِلاّ مِراءً ظاهِراً ، ولاَ تَسْتَفْتِ فِيهِمْ مِنْهُمْ اَحَداً)(٢٢) •

وە هاوردوبردو موجادەلە مەکە لەگەڵ کەسا لە ژمارەی ئەوانەدا بە شێوەیەکی سەرزمانیو ، پرسیاریش مەکە لە بەیانی ژمارەی ئەوانا لە هیچ کەس •

بازێ فەرموویانە : لەسیاقی ئەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ لەم سێ بیرەدا ، یارۆی سێهەمیان راستە لەبەر ئەوە لە پاش دوو را پێشوەکەوە خودا فەرموویەتی (رجما بالغيب) کە نیشانەی ناتەواوی قسەکانە ، وە لە پاش قسەی سێهەم شتی موخالیفی نەفەرموو، وە لە لایەکی تریشەوە ئەو قسانە کە لەم ئایەتەدا باس کران سیانن کە دوانە پێشوەکان بە ناڕاست دانران ، وە قسەی دوایی رەد نەکرایەوە وە کەمەنیسبەت بە دو ، جا دەرئەکەوێ کە قسەی سێهەم راستە •

وە ئەگێرنەوە ناویان (يمليخا)و (مكشلينا)و (مشلينا)و (مرنوش)و (برنوش) و (شاذنوش)و (كفشططيوش) بوەو سەگەکەیشیان ناوی (قطمير) بوە •

(ولا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ : اِنّي فاعِلٌ ذلِكَ غداً (٢٣) اِلاّ اَنْ يَشاءَ اللهُ ، واذْكُرْ رَبَّكَ اِذا نَسِيتَ ، وقُلْ : عَسى اَنْ يَهْدِيَني رَبّي لِاَقْرَبَ مِنْ هذا رَشَداً (٢٤)

وە قەت مەڵێ بۆ شتێ کە ئەتەوێ بیکەی من سبەینێ ئەو شتە ئەکەم ئیللا لەگەڵ ناوی خواستی خودادا ، واتە بڵێ : سبەینێ ئەو شتە ئەکەم

ئەگەر خودا بیەوێ ، وە ناوی خواستی خودا ببە ئەگەر جارێ لە جاران لە بیرت چوەوە لەگەڵ قسەکەتا (ان شاء الله) بکەی‌و پاش‌ماوەیێ بیرت کەوتەوە، جا ئەگەر بەینی زۆر نەکەوتبوو بیرت کەوتەوەو (ان شاء الله)کەت کــرد ئەوە سوودی ئەبێ ، لە حوکمی شەرعا بۆ ئەوە لە قسەکەتا بـــە درۆزن دەرنەچی ، بەڵام ئەگەر بەینی کەوتبوو ، ئەوە هەرچەن بازێ لە زاناکان بــە خاوەن سوودیان داناوە ، لە لای زۆربەی ئەوان بێ‌سوودەو ســوودەکەی هەر ئەدەب‌و پیرۆزی وەرگرتنە بەو (ان شاء الله)یە ، وە بڵێ هیوام وایە کە خودای پەروەردگارم شارەزام بکا بۆ زانیاری رووداوو ئەحواڵی پێشینان لەسەر شێوەیێ کە باشتر لەگێرانەوەی باسی (اصحاب الکهف) ببێ بــە بەڵگە لەسەر پێغەمەرایەتیم ●

(وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلاثَمِــائَةٍ سِــنِينَ ، وَازْدَادُوا تِسْعاً) (٢٥) ●

وە ئەو کۆمەڵی ئەصحابی کەهفە مانەوە بە نوستوویی لە ئەشکەوتەکەیانا ماوەی سێصەدو نۆ ساڵ ، بازێ ئەڵێن : مانای ئایەتەکە وایە مانەوە لەوێدا سێصەد ساڵی هەتاوی‌و ماوەی سێصەدو نۆ ساڵی مانگی ●

بزانن ! لە پەیوە .ی ئەم ئایەتەدا دوو فەرموودە هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە عەطفە لەسەر وتراوی قەومە خاوەن نیزاعەکـــە لە ژمارەکەیانا ، واتە بازێکیان ئەڵێن : مانەوە لەو ئەشکەوتەدا ماوەی سێصەد ساڵ‌و بازێکیان نۆ ساڵیان لەو ژمارە زیاد کرد ، یا هەر بە بێ ئەوە کە خیلاف لە ژمارەی مانەوەیانا بێ قسەی ئەوانەو ئەوان وتوویانە کــە سێصەدو نۆ

ساڵ لەوێدا ماونەتەوەو هێز ئــــەدا بەم تەرکیبــــە فەرموودەی خودا •
(قُل : اللهُ اَعْلَمُ بِما لَبِثُوا)

واتە ئێوە ئاگادار نین بەسەر ماوەی مانەوەی ئەوانا بەراستیو خودا ئەیزانیو بەس •

دوەم : ئەمەیە هەر فەرموودەی خودایەو ئایەتی (قل الله اعلم) لەگەڵ ئەم مەعنایەیشا رێك ئەکەوێ ؛ چونکی ئەو عیلمە رەسایە کە خودا هەیەتی بە ماوەی مانەوەیانو بەسەرهاتیان لەو ماوەدا هەر عائیدی خودایە •

(قُل : اللهُ اَعْلَمُ بِما لَبِثُوا)

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ هەر زاتی خودا زاناترە بە ماوەی مانەوەی ئەوانو بە ئەحواڵیان لەو ماوەدا •

(لَهُ غَيْبُ السَّماواتِ والاَرْضِ) :

هەر بۆ خودایە زانیاری بەوەی کە پەنهانە لە غەیری ئەو لە ئاسمانەکانو لە عەرزا •

(اَبْصِرْ بِهِ واسْمِعْ)

ماشائەڵلا خودا چەن بینایە چەنێ شنەوایە •

(ما لَهُمْ مِنْ دونِهِ مِنْ وَليٍّ ولا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ اَحَداً) (٢٦)

نیە بۆ (اصحاب الکهف)و بۆ غەیری ئەوانیش هیچ یارمەتیدەرێ وە هیچ خاوەنێو فەرماندەرێ خودا نەبێ ، وە خودایش ئەوەندە عەزیزو قادرو قاهیرە کەس ناکا بە شەریكو خاوەن کار لە فەرمانی خۆیا •

بزانن ! هەر لە سەرەتای باسی ئەصحابی کەهفەوە تا ئیستە باسەکەمان وەها کرد کە (اصحاب الرقیم) هەر (اصحاب الکهف)ن ، بەلام (رەقیم) یا ناوی کێوەکە ، یا ناوی ئەو تەختە بەردەیە کە لە پاشا وەزعی ئەوانی لێ نووسراوە ، بەلام بازێ لە زاناکان فەرموویانە : (أصحاب الکهف) غـەیری (اصحاب الرقیم)ن بەسەرهاتەکەیان ریوایەتکراوە لە هەردو صەحیحەکاناو لە غەیری ئەوانیشا •

بوخاریو موسلیمو نەسائیو (ابن المنذر) ریوایەتیان کردوە لە ئیبنو عومەرەوە ــ خ ــ کە حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی : لە کاتێکدا سێ کەس لەوانە لە پێش زەمانی ئێوەدا بوون ئەڕۆیشتن بە شوێنێکدا لە ناکاوا باران لێی داکردن ئەوانیش چوونە ناو ئەشکەوتێکەوەو بە قەزای خودا بە هۆی لافاوەوە بەردێ تل بوەوەو دەرگای ئەشکەوتەکەی لێ گرتن ، جا لە نـاو خۆیانا قسەیان کردو وتیان : وەللاهی کەس رزگارتان ناکا راستیو کردەوەی راستی نەبێ کە بۆ خوداتان کردبێ ، دەی هەرکام لە ئێوە با بپارێتەوە لـە خودا بە پیرۆزی ئەو کردەوەیە کە لەبەر رەزای خودا کردوویەتی • جا یەکێ لەوان وتی : پەروەردگارا تۆ ئەزانی من کرێکارێکم بو لەسـەر مـەنێ چەڵتووك ئیشی بۆ کردم ، دوایی رۆیشتو حەقەکەی نەبرد ، منیش ئـەو مەنە چەڵتووکەم وەشاندو لە بەری ئەوە مانگایەکم کڕی ، هەتا رۆژێ ئەو کابرایە هات داوای کرێکەی کرد ، منیش مانگاکەم پێدا ، وتی : من مەنێ چەڵتووکم لای تۆیە ، منیش وتم : مانگاکە لەو چەڵتووکە دەستم کەوتوە ، ئەویش مانگاکەی برد • جا خودایە من ئەگەر ئەوەم لە ترسی تۆ کرد ئـەم

ده‌رگامانه بۆ بکه‌ره‌وه ! له‌وێدا که‌مێ له‌و به‌رده له ده‌رگای ئه‌شکه‌وته‌که ترازا ، به‌ڵام ئه‌وه‌نده نا که ده‌ربچن •

یه‌کێ تریان وتی : یاره‌بی خۆت ئه‌زانی منیش باوكو دایکێکی پیرم بوون‌و له هه‌موو شه‌وێکدا شیری مه‌ڕم بۆ ئه‌هێنـــان‌و ئه‌یانخوارده‌وه ، شه‌وێکیان دره‌نگ هاتمه‌وه بۆ لایان ته‌ماشام کرد نوستوون‌و منداڵه‌کانیشم هاواریان ئه‌کرد له برسێتیدا ، وه منیش عاده‌تم وابو هـــه‌تا دایكو باوکم شیریان نه‌خواردایه‌ته‌وه به‌شی ئه‌وانم نه‌ئه‌دا ، وه حه‌زم نه‌کرد به‌و شه‌وه باوكو دایکم خه‌به‌ر بکه‌مه‌وه‌و حه‌زیشم نه‌کرد وازیان لێ بێنم‌و شیره‌که بده‌م بـــه منداڵه‌کانم‌و هه‌ر به‌و شێوه مامه‌وه تا به‌یانی باوكو دایکم له خه‌و هه‌ستان•• خودایه ! ئه‌گه‌ر من ئه‌م کاره‌م له‌به‌ر تۆ کردوه له‌م ته‌نگه‌به‌رییه رزگارمان بکه ، ئه‌مجاره‌یش بازێ تر له‌و به‌رده ترازا تا ئاسمانمان بینی ، به‌ڵام ئه‌وه‌نده نه‌بو که له ئه‌شکه‌وته‌که ده‌رچین •

یارۆی سێهه‌میشیان وتی : خودایه تۆ ئه‌زانی من ئامۆزایه‌کم بو لـــه هه‌رچی که‌سه خۆشترم ئه‌ویست‌و زۆر هاتوچۆم له‌گـــه‌ڵدا ئه‌کرد بۆ ئه‌وه ئاره‌زووی خۆمی له‌گه‌ڵ به‌جێبێنم ، ئه‌ویش صه‌د دیناری ئه‌ویست‌و من صه‌د دیناره‌که‌م پێداو له‌گه‌ڵما رێکه‌وت ، کاتێ ویستم تووشی گوناه بیم پێی وتم : له خودا بترسه‌و کاری وا مه‌که له دیناره‌وا نه‌بێ ! منیش وازم لێ هێناو صه‌د دیناره‌که‌یشم دایێ بۆ خۆی •• خودایه ! ئه‌گه‌ر من ئه‌مه‌م لـــه ترسی تۆ کرد له‌م ته‌نگییه رزگارمان بکه ، جا خودای ته‌عالا به‌رده‌که‌ی بـــه ته‌واوی ترازاندو رێگه‌یان بۆ کرایه‌وه‌و له ئه‌شکه‌وته‌که ده‌رچوون •

وه وێنه‌ی ئه‌م حیکایه‌ته له ئیبن‌و عه‌باس‌و ئه‌نه‌س‌و نوعمانی کوڕی به‌شیره‌وه ریوایه‌ت کراوه که ئه‌وانیش یه‌کسه‌ر باسه‌که‌یان له پێغه‌مه‌ره‌وه گێڕاوه‌ته‌وه •

(واتْلُ ما اُوحِيَ اِلَيْكَ مِنْ كِتابِ رَبِّكَ ، لا مُبَدِّلَ لِكَلِماتِهِ ، ولَنْ تَجِدَ مِنْ دونِهِ مُلْتَحَداً) (٢٧)

ئەی خۆشەویست بخوێنەرەوە ئەوەی کە وەحی‌کراوە بۆ لای تۆ لە کەلیمات‌و کتێبی خودای خۆت هەرگیز هیچ هێزێ نیە بتوانێ ئەو کەلیماتی خودایە بگۆڕێ ، وە ئەو قسەی کافرانە مەبیسە کە ئەڵێن قورئانێکی تر غەیری ئەم قورئانەمان بۆ بێنە ، وە هەرگیز بێجگە لە خودا پەنایەکت دەست ناکەوێ ، جا ئەگەر کەلامی خودا بگۆڕی پەنا بە کێ ئەبەی ؟

(واصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعونَ رَبَّهُمْ بِالغَداةِ والعَشِيِّ ، يُريدونَ وَجْهَهُ ولاَ تَعْدُ عَيْناكَ عَنْهُمْ تُريدُ زِينَةَ الحياةِ الدُنْيا ولا تُطِعْ مَنْ اَغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا واتَّبَعَ هَواهُ وكانَ اَمْرُهُ فُرُطاً) (٢٨) •

وە نەفسی خۆت رابگرەو دای‌بمەزرێنە لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەدا کە بەیانی‌و ئێوارە لە خودای خۆیان ئەپاڕێنەوەو بەندەیی بۆ ئەکەن‌و مەبەسیان رەزای خوداو عیبادەتی راستە بۆ ئەو ، وە با چاوەکانت لانەدا لە تەماشاکردنی ئەو موسوڵمانانە بۆ لای‌پیاوە کافرە داراو دەوڵەمەندەکان‌و حاڵت وابێ کە خواستت لەسەر جوانی ژین‌و ژیواری دنیایی بێت ، وە هەرگیز مەکەوە شوێن خواستی ئەو کەسانە کە دڵمان غافڵ کردوون لە ناوی خۆمان‌و یادی ئێمەو کەوتوەتە شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆی‌و کارو کردەوەی لادانە لە حەق •

(وقُلِ : الحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ ؛ فَمَنْ شاءَ فَلْيُؤْمِنْ ، ومَنْ شاءَ فَلْيَكْفُرْ . إِنَّا اعْتَدْنا لِلظَّالِمِينَ ناراً أحاطَ بِهِمْ سُرادِقُها ، وإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغاثُوا بِماءٍ كالمُهْلِ يَشْوِي الوُجوهَ ، بِئْسَ الشَّرابُ وساءَتْ مُرْتَفَقاً !) (٢٩)

وه تۆ ئه‌ی خۆشه‌ویست بلێ به‌و كه‌سانه كه ئه‌یانه‌وێ تۆ لاده‌ی له موسوڵمانه فه‌قیره‌كان‌و روو بكه‌یته ئه‌وان : كه حه‌ق‌و رێگه‌ی راست‌و كرده‌وه‌ی په‌سه‌ندو شیرین ئه‌وه‌یه له لای خودای ئێوه‌وه بێ نه‌ك ئه‌وه كه له‌سه‌ر هه‌واو ئاره‌زووی نه‌فس بێ . ئێمه هه‌ر گه‌یاندنی كه‌لامی خودامان مه‌به‌سته ، ئیتر لایه‌نی كه‌س ته‌ماشا ناكه‌ین‌و دارایی دنیا لای ئێمه نرخی نیه . ده‌ی هه‌ركه‌س خواستی له‌سه‌ر ئیمانهێنانه با ئیمان بێنێ‌و هه‌ركه‌سێ خواستی له‌سه‌ر كوفرو بێ ئیمانیه با كافر بێ ، ئێمه ئاماده‌مان كردوه بۆ ئه‌وانه كه كافرو سته‌مكارن له خۆیان به هۆی كوفره‌وه‌و له خه‌ڵكیش به هۆی ئه‌وه‌وه كه سووكیان ئه‌كه‌ن‌و به سووكی بۆیان ئه‌ڕوانن ئاگرێ كه بلێسه‌ی پان‌و درێژی ئه‌و ئاگره وه‌كو په‌رده‌ی خێوه‌ت ده‌وری ئه‌و كافرانه‌ی داوه ، وه ئه‌گه‌ر هاوار بكه‌ن بۆ ئاوێ بیخۆنه‌وه‌و تینوێتیان بشكێ‌و گه‌رمای ده‌روونیان دابمركێنه‌وه به دڵخوازی خۆیان وه‌ڵامیان نادرێته‌وه . به‌ڵكو یارمه‌تی ئه‌درێن به ئاوێكی گه‌رمی تێكه‌ڵ وه‌كو خڵته‌ی (زه‌یت) كاتێ نزیكی ده‌میان كرایه‌وه تینه‌كه‌ی ده‌موچاویان ئه‌سووتێنێ ، زۆر زۆر خراپ خواردنه‌وه‌یه‌كه‌و ئاگر جێگه‌و شوێنێكی زۆر خراپ‌و ناباره .

(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ إِنَّا لا نُضِيعُ أجْرَ مَنْ أحْسَنَ عَمَلاً) (٣٠)

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکە ئەکەن بە راستی ئێمە جەزایان زایە ناکەین ؛ چونکی ئەوانە کردەوەیان باشە ، وە ئێمە جەزای کردەوەباشەکان زایە ناکەین •

(اولئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الأَنهارُ يُحَلَّوْنَ فِيها مِنْ أساوِرَ مِنْ ذَهَبٍ ويَلْبَسونَ ثِياباً خُضْراً مِنْ سُنْدُسٍ وإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيها على الأَرائِكِ نِعْمَ الثَّوابُ وحَسُنَتْ مُرْتَفَقاً) (٣١)

ئەو خاوەن ئیمانانەی کردەوە باشانە بڕیار دراوە بۆیان چەن بەهەشتێ بۆ مانەوەیان هەتا هەتایە، وە لە خواریانەوە جۆباری جۆراوجۆر لە شیرو هەنگوینو ئاوی زەلاڵ رەوان ئەبێو جوان ئەکرێن بە دەستبەندی زێڕینو ئەپۆشن چەن بەرگو پۆشاکێکی سەوزی جوان لە حەریری ورشەدار بە ڕیسمانی باریكو ئەستوور ، وە پاڵ ئەدەنەوە لەو بەهەشتانەدا لەسەر کورسی بەرزو بەڕێز وە لە ناو خۆیانا رائەبوێرن بە وتاری ناسكو نازدارەوە، زۆر جوان پاداشێکە ئەو بەهەشتانە بەو شتانەوە وە زۆر جوان جێگەیەکە لە هۆی ئاراموەرگرتنو ژیانێکی نەرمو نیانەوە •

ئەم ئایەتانە ــ لە ئایەتی (واصبر نفسك) بەملاوە ــ هەموو وان لە رەدی ئەو کافرانی مەکەدا کە داوایان لە حەزرەت ئەکرد کە موسوڵمانە هەژارەکان لە دەوری خۆی دەربکاو لە دەوریا دانەنیشن هەتا ئەوان بێن بۆ لای قسەی ببیسن بەڵکو دڵیان بیگرێ کە موسوڵمان بنو بکەونە شوێنی ئەو لە دینا •

خودای تەعالا بە توندی رەدیان ئەکاتەوەو فەرمان ئەدا بـە پێغەمەری خۆشەویست • کە هەمیشە لەگەڵ ئەوانا رابوێرەو مەشغوولی زیکری خودا بە ؛ چونکە خاوەن دڵێکی ئاوەدان لە هەزار ئینسانی نافامی بایی بەرێزترە ، وە قەت مەکەوە شوێن ئەو دڵتاریکانە کە تابیعی هەواو ئارەزووی نەفسی بەدکارن ، وە بڵێ : حەق لای خودایە ، کێ دێ با بێو کێ ئەڕوا با بڕوا ، وە جەزای ئەو رەوەندانە لە پاشەڕۆژا گیروبەندەو ئاگری دۆزەخە ، وە بە پێچەوانەی ئەوانەوە موسوڵمانەکان خاوەن رەحمەتو پیرۆزی دنیـــاو قیامەتن ، وە ئەوەی دڵخوازیان بێ خودا لە قیامەتا پێیان ئەدا هەتا هەتایە ، هەروا لەسەر موسوڵمانو کافـر رووداوێکی کۆنی نێوان دوو کـــەس ئەگێڕێتەوە بۆ فامیدەو ئەفەرموێت :

(واضْرِبْ لَهُمْ مَثَلاً : رَجُلَيْنِ جَعَلْنا لِأَحَدِهِما جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنـــابٍ وحَفَفْناهُـمـا بِنَخْلٍ وجَعَلْنـــا بَيْنَهُـمـــا زَرْعاً) (٣٢) •

وە بگێڕەوەو باس بکە بۆ ئەو کافرانە رووداوێکی بە قیمەت کـە بریتیە لە حاڵی دوو پیاو ، دووبرای باوکو دایکیی ــ لە بەنی ئیسرائیل ، یا لە عەرەبی بەنی مەخزووم : یەکێکیان بێ باوەڕو بێ ئیمـانو یەکێکیان خاوەن باوەڕو موسوڵمان ، دابوومان بە یەکێکیان ، کە کافرەکەیان بو دوو باخی بەرداری ترێو دەوری هەردو باخەکەمان دابوو بە داری خورماو لە بەینی دارەخورماکانو مێوی ترێکەدا ماوەیەکمان بۆ بڕ دابوو ئەیکرد بـە کشتوکاڵ لە دانەی قنیاتو ژیوار وەکو گەنم هەتا باخـەکان بەس بن بۆ ژیانی ئینسانی بەختەوەر •

(كِلْتَا الجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا ولَمْ تَظلِمْ مِنْهُ شَيْئاً وفَجَّرْنَا خِلالَهُمَا نَهَراً (٣٣) ، وكانَ لَهُ ثَمَرٌ)

هەردو باخەکان بە تەواوی بەرو پیتی خۆیان ئەداو هیچیان کەم نەبو، واتە دارەکان هەموو تەڕو تازەو بە زەوق‌و خاوەن بەری ڕەسا بوون‌و لــە بەینی داری باخەکانا جۆگەمان کردبوو بە دەوام بۆ ئـــەوە هـــەر کاتێ پێویست بێ ئاو بخۆنەوە ، وە کابرای خاوەن باخ بێجگـــە لەوە بەرو دەسکەوتی زیادەی بو تا هیچ ئیحتیاجی نەمێنێ •

(فقالَ لِصاحِبِهِ ــ وهُوَ يُحاوِرُهُ ــ : أنَا أكْثَرُ مِنْكَ مالاً وأعَزُّ نَفَراً) (٣٤)

جا کاتێ هاوڕێکەی قسەی لەگەڵا ئەکرد ئەم بە کەش‌و فش‌و دەمارو خۆبەزل‌زانینێکەوە پێی وت : من ماڵ‌و دارایی‌و سامان‌و شت‌و مەکم لە تۆ زۆرترەو ، هەروەها لە بارەی پیاوو زەلام‌و دەستەڵاتی دیکەیشەوە لە تۆ چاکتر دەستم دەڕواو لەتۆ بەڕێزترم •

(ودَخَلَ جَنَّتَهُ ــ وهُوَ ظالِمٌ لِنَفْسِهِ ــ قالَ : ما أظُنُّ أنْ تَبِيدَ هذِهِ أبَداً) (٣٥)

ئەو کابرای کافرە ڕۆیشتە ناو باخەکەیەوە بە حاڵێکەوە کە ستەمی لە نەفسی خۆی کردبو بە هۆی فیزو دەمارو بایی‌بوونی لـــە باخ‌و بەرەی

دارایی خۆیداو هاتە وەلامو وتارو لە باتی سوپاسی خودای میهرەبان یەکەم: وتی : من گومان نابەم ئەم باخە لەناوبچێ هەتا هەتایە ؛ چونکی •

عــەرزی ســـــارایەو گوڵی جوانــە
دەوری دیــوارەو ئــاوی رەوانــە

دوەم : کەوتە ئینکاری رۆژی قیامەتو وتی :

(وما أظُنُّ السَّاعَةَ قائِمَةً)

گومانم نیە کە رۆژی پاشەڕۆژ بێتەڕوو هەر قسەیەو ئەکرێ !

(وَلَئِنْ رُدِدْتُ إلى رَبِّي لأَجِدَنَّ خَيْراً مِنْها مُنْقَلَباً) (٣٦)

وە ئەگەر ئەو رۆژەیش بێتەجێو پیاوی وەکو من بگەڕێنەوە پاش مردن بۆ لای خودای خۆم بە راستی ماواو مەڵبەندێکی باشتر لەم باخی ئیمرۆیەم دەستئەکەوێ ؛ چونکی

پیــاوێ ســـەلارو خاوەن ســـــیمایە
لــە هەردو دنیــا وێنــەی پاشـــــایە
ئیتر نەیـزانی ئـەم سـیما زشــــتە ،
سیمای دڵپەســەند بەرزی رەوشـــتە

(قالَ لَهُ صاحِبُــهُ ــ وهُوَ يُحاوِرُهُ ــ : أكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلاً !؟) (٣٧)

جا ڕەفیقەکەی ــ واتە براکەی ــ ، لە کاتێکدا گوفتوگۆیان پێکەوە ئەکرد پێی وت : ئەی خودا ماڵت وێران بکا ! ئەوە لە باتی سوپاسی خودای پەروەردگار هاتی کوفری ئەو خودایەت کرد کە خەلقی کردووی لە گڵ بە ئیعتیباری ئەصڵ وە یا بە ئیعتیباری مادەی ئاوی تۆم کە لە خواردەمەنی پەیدا ئەبێو خواردەمەنیش لە گڵ ، وە لە پاش ئەو ئەصڵە مادە لە تۆمی پشتو سنگی باوكو دایکت ، وە لە پاش دروستکردنی پەیکەری ئادەمی ڕێکی خستیو کردتی بە پیاوی خاوەن شانو شێوەو خاوەن حاڵوماڵو دارایی ؟!

(لَكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي ، وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا) (٣٨)

بەڵام من بە ڕەغمی ئەوە کە وەکو تۆ دارای ماڵ نیم ئەمما لە حەمدی خوداوە دارای فامو حاڵمو ئەڵێم شایێکی ڕاست هەیە بۆ من کە ئیقرارە بەوە زاتی خودا پەروەردگاری منەو قەت بۆ ئەم پەروەردگاری خۆمە شەریكو هاوڕێ بڕیار نادەم •

(وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ : مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ !)

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە چوویتە ناو باخەکەتەوە نەتوت : ماشەڵڵا ئەوەی خواستی خودای لەسەر بێ هەر ئەوە ئەبێو ئەوەی خواستی لەسەر نەبێ نابێو هێز نیە لەسەر هیچ شتێ لە خوداوە نەبێ ؟

نە شـــان ، نە شوعوور ، نــە داراییو ماڵ
قەت نابن بــە بێ خواســتی (ذو الجلال)

(إن تَرَنِ أنا أقلَّ مِنْكَ مالاً ووَلَداً (٣٩) فَعَسى رَبِّي أنْ يُؤْتِيَني خَيْراً مِنْ جَنَّتِكَ ويُرْسِلَ عَلَيْها حُسْباناً مِنَ السَّماءِ فَتُصْبِحَ صَعِيداً زلَقاً (٤٠) أوْ يُصْبِحَ ماؤُهَا غَوْراً فَلَنْ تَسْتَطِيعَ لَهُ طَلَباً) (٤١) •

ئەگەر تۆ من لە خۆت بە کەمتر ئەبینی لە ماڵو منداڵدا ئەوە نزیکە خودای میهرەبانی من باخێکی باشتر لەو باخی تۆمە پێ بداو لە ئاسمانەوە چەن تریشقەیەکی وەها بنێرێ باخەکەت وێران بکاو ئەو باخەی تر ببێ بە زەویەکی سافی سادەی بێ دارو بێ گیای وەها ئینسانی لێهەڵ بخلیسکێ ، یاخود دارەکانی بمێننەوە بەڵام ئاوەکەی رۆبچێ بە زەویداو ئەوەندە بڕواتە خوارەوە نەتوانی بگەڕێی بە شوێنیاو باخەکەت لەبەر بێئاوی وشك بکا •

لەو رۆژەدا بە زۆری کارەساتی دنیایی بە هۆی تریشقەو بومەلەرزەوە بوە ئەگەرنا هۆی لەناوبردنی ئەو پایەو مایەی ئەو کابرا زۆر بوە •

(وأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فأصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ على مَا أَنْفَقَ فِيها ، وهِيَ خاوِيَةٌ عَلى عُرُوشِها ويَقُولُ : يا لَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَداً) (٤٢) •

وە لە واقیعا پاش ئەو گوفتوگۆیە لە ناو ئەوانا رووی دا بە قەزاو قەدەری خودا وەکو کابرا ترساندی بە هێرشی ئاسمانی میوەی باخەکە بەربادکراو شوێنەواری نەماو کابرای خاوەن باخ وای لێ هات کە هەردو دەستی ئەدان بە یەکا لەبەر دەربڕینی پەشیمانیو خەمخواردن لەسەر نەمانی ئەو پارەو ماڵە کە لە باخەکەدا خەرجی کردبو ، وەلحاڵ درەختی

باخەکەی بەسەر ریشەدا کەوتبوون‌و کابرا ئەیوت : کاشکی من هاوڕێم بۆ خودا بڕیار نەدایە هەتا بە شوومی ئەو حاڵەوە ئەم ماڵوێرانیەم بەسەردا نەهاتایە •

لە سیاقی ئەم ئایەتەوە وا دەرئەکەوێ کە لە کاتێکدا بەری باخەکە پێگەیشتوە یا لەوانە بوە پێ‌بگا باو باران‌و تریشقەیێ داباریوە کە دارەکان بە هۆی ئەو تریشقەو بارانەوە ریشەکەن بوون‌و بەری باخەکەیش هەمووی زایە بوە •

(وَلَمْ تَكُنْ لَهُ فِئَةٌ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللهِ وَمَا كَانَ مُنْتَصِراً) (٤٣)

وە ئەو کابرایە کە بە شان‌و پایەی خۆیا ئەنازی‌و گومانی وابو کۆمەڵە ئادەمیزادێ وان لە پشتیەوە گومانەکەی بە هەڵەدا چوو هیچ کۆمەڵەیەکی نەبوو کە یارمەتی بدەن خودا نەبێ‌و خودایش یارمەتی نەدا ، وە کابرا خۆیشی لە زاتی خۆیا هێزێکی وەهای نەبو کە زیان لە خۆی دوور بخاتەوە •

(هُنَالِكَ الوَلايَةُ للهِ الحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَاباً وخَيْرٌ عُقْبَاً) (٤٤)

ئا لەو نەوعە شوێنانەداو لەو کاتە نەهاتیانەدا کە ئینسان گیرۆدە ئەبێ هێزو تەوانایی راست هەر بۆ خودایە هەر خودا چاکترە لە هەموو کەسێ لە جیهەتی جەزادانەوەی ئینسانی گیرۆدەوە ، وە ئەو چاترە لە جیهەتی ئەنجام چاك کردنەوە •

(واضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الحَيَاةِ الدُّنْيا كَماءٍ أَنْزَلْناهُ مِنَ
السَّماءِ فاخْتَلَطَ بِهِ نَباتُ الأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيماً تَذْرُوهُ
الرِّياحُ وكانَ اللهُ على كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِراً) (٤٥) •

ئەی پێغەمەری نازدار بەیان بکە بۆ ئەو ئادەمیزادانە حاڵو صیفەتی ژیانی دنیاو ئەو شتانە کە لەگەڵیا پەیدا ئەبن . وە بزانە ئەو ژیانی دنیا وەکو ئاوی بارانێ وەهایە کە بیبارێنین لە ئاسمانەوە بەسەر عەرزا . جا بە هۆی ئەو بارانەوە گیا لەو زەویەدا سەوز ببێو بەرزەوە ببێو بێ بە یەکاو بپێچرێ بەیەکا ، جا لە پاش ماوەیێ کە بەو شێوە جوانەوە ئەمێنێتەوە ئەمجار بە هەوای گەرم زەرد ئەبێ ، جا وشك ئەبێ . جا پاش ماوەیێ ئەکەوێو ئەشکێتە یەك بە جۆرێ کە با هەڵیئەگرێو بڵاوی ئەکاتەوە بە دنیادا کەس نازانێ ئەو چڵە پووشە لە کوێوە هاتوە ، وە بە راستی خودای تەوانا بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیەو هەموو شتێکی پێ ئەکرێ •

جا پاش ئەو تەشبیهە خودا باشترینی ئەرکانی زینەتی زەمانی ژیانی دنیا کە دارایی‌و منداڵە جیایان ئەکاتەوەو ئەفەرموێت :

(المالُ والبَنُونَ زِينَةُ الحَيَاةِ الدُّنْيا)

دارایی‌و منداڵ هۆی جوانی ژیانی ئینسانە لە دنیادا ، وە ئەگەر داراییەکە لە رێگەی رەواوە پەیدا نەکرێو لە رێگەی رەوادا خەرج نەکرێ بۆ رۆژی قیامەت ئەبن بە کۆتی گەردنو ، ئەگەر منداڵەکان باش تەمێ نەکرێنو کردەوەیان باش نەبێ سوودیان لێ وەرناگیرێ •

(والباقِياتُ الصَّالِحاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَواباً وخَيْرٌ أَمَلاً) (٤٦)

بەڵام ئەو کردەوە باشانە کە جەزایان ئەمێنێتەوە کە عیبارەتن لە نوێژو رۆژوو باقی واجباتی ئیسلامو زیکری خودای تەعالاو خزمەتکردنی داماوان، ئەمانە باشترن لە باقی لەزەتەکانی دنیاو موناسبترن بۆ ئەوە کە ئینسان ئارەزوویان بکا خودا بۆی رێك بخاو تەوفیقی بدا لەسەریان ؛ چونکی خۆشی دنیا هەموو بە وادەیەکی کەم تەواوئەبن ، بەڵام ئەوانە هەتا هەتایە دەوامیان هەیە بە هۆی دەوامی جەزاکەیانەوە •

بزانن ! لە تەفسیری (الباقیات الصالحات)دا گەلێ فەرموودە هەیە :

یەکەم : عیبارەتن لە (سبحان الله والحمد لله ولا الـه الا الله والله اکبر) •

دووهەم : عیبارەتن لە نوێژەکان •

سێهەم : بریتین لە قسەی باش ، واتە قسەی شەرعی بەسوودو سوود بۆ خۆتو بۆ خەڵك ، وەکو تەعلیماتو رێنومایيو چاككردنی ناوبەینی خەڵكو کووژاندنەوەی فیتنەو تکاکردن بۆ داماوو چارکردنی گیروگرفتی ئینسانێکی گیرۆدەو وێنەی ئەمانە •

چوارەم : بریتین لە هەر کردەوەیيو هەر وتارێ بانگت بکا بۆ مەشغووڵبوون بە خوداناسینو خۆشویستنی ئەوو خزمەتی •

پێنجه‌م : هه‌ر چاكه‌یێ ده‌وامدار بێ . وه‌كو كردنــه‌وه‌ی مزگه‌وت‌و قوتابخانه‌و . هه‌لكه‌ندنی بیرو كارێزو ، وه‌قفكردن له‌سه‌ر شوێنی پیرۆزو وێنه‌ی ئه‌مانه •

(ويَوْمَ نُسَيِّرُ الجِبالَ وتَرى الأَرْضَ بارِزَةً ، وحَشَرْناهُمْ فَلَمْ نُغادِرْ مِنْهُمْ أَحَداً) (٤٧)

ئه‌ی خۆشه‌ویست باسی ئه‌و رۆژه‌یان بۆ بكه كـــه كێوه‌كان له بن هه‌لئه‌كه‌نین‌و ئه‌یانكه‌ین به تۆزو ئه‌یده‌ین به هه‌وادا ، وه له‌و رۆژه‌دا زه‌وی ئه‌بینی به ساقی‌و پاكی له دارو باخ‌و گیاو به‌رزی‌و نزمی‌و هه‌رچی وا لـــه ناویا ده‌ری ئه‌كاته ده‌ره‌وه لـــه كان‌و مردوه‌كان‌و ، مردوه‌كان لـــه گۆڕا زیندوو ئه‌كه‌ینه‌وه‌و ده‌ریان ئه‌كه‌ین‌و لێیان ئه‌خوڕین بۆ مـــه‌یدانی حسێب‌و گردیان ئه‌كه‌ینه‌وه به ته‌واوی‌و كه‌سیان ته‌رك ناكه‌ین •

(وعُرِضُوا عَلى رَبِّكَ صَفّاً ، لَقَدْ جِئْتُمونا كمَا خَلَقْناكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ، بَلْ زَعَمْتُمْ أَنْ لَنْ نَجْعَلَ لَكُمْ مَوْعِدا) (٤٨)

وه ئه‌و خه‌لكه كه كۆكراونه‌ته‌وه رائه‌نوێرێن به‌سه‌ر خودای تۆدا به ریزو فریشته‌ی مه‌ئموور له لایه‌نی خوداوه بانگیان ئه‌كا : بـــه راستی وا هاتنه‌وه بۆ لامان وه‌كو یه‌كه‌مجار چۆنم دروستكردن ، واته وه‌كو چۆن یه‌كه‌مجار به رووت‌و قووتی كه‌وتنه دنیاوه ئیسته‌یش هـــه‌روا به رووت‌و قووتی هاتنه‌وه بۆ لام ، یاخود وه‌كو چۆن توانیم یه‌كه‌مجار بێ ماده‌ی سابیق دروستتان بكه‌م وا ئیسته هه‌م دروستم كردنه‌وه ، به‌لام ئێوه گومانتان وا ئه‌برد كه من كاتێ دانانێم بۆ ئه‌وه گردتان بكه‌مه‌وه •

(ووُضِعَ الكِتابُ فَتَرى المُجْرِمينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ ، ويَقُولونَ : يا وَيْلَتَنا ما لِهذَا الكِتابِ لا يُغادِرُ صَغِيرَةً ولاَ كَبِيرَةً إلاّ أَحْصاها ؟ ووَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً ، ولاَ يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً) (٤٩)

واتە : لەو رۆژەدا نامەی بیرو باوەڕو کردەوەی ئەوان دائەنرێو تەماشا ئەکەی تاوانبارەکان زۆر ئەترسن لە جەزای ئەوەی نووسراوە لەو دەفتەرانەداو ئەڵێن : هاوار بۆ ئێمە ! ئەوە چی وای کردوە بەم دەفتەرانە کە تاوانی گەورە یا بچووکێ نیە کە تیا نەنووسرابێو زەبت نەکرابێ ؟ وە هەر شتێکیان کردوە دەستیان ئەکەوێ بە حازریو دیاری لە بەردەستیانا ؛ وە لە واقیعا خودای تۆ ستەم لە کەس ناکا تا لە سەری بنووسێ ئەوەی نەیکردوە ، یا تۆڵەی ئەوەی نەیکردوە لە سەری بنووسرێ •

(وإذْ قُلْنا لِلمَلائِكَةِ : اسْجُدوا لِآدَمَ ! فَسَجَدُوا إلاّ إبْليسَ كانَ مِنَ الجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ ، أفَتَتَّخِذُونَهُ وذُرِّيَّتَهُ أَوْلِياءَ مِنْ دُوني ، وهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ ؟! بِئْسَ لِلظّالِمِينَ بَدَلاً) (٥٠)

وە باسی ئەو کاتەیشیان بۆ بکە کە وتمان بە فریشتەکان : سوجدە ببەن بۆ ئادەم ــ سوجدەی تەشریف ــ ئەوانیش هەموو سوجدەیان بۆ برد شەیتان نەبێ ، ئەو لە حەقیقەتا لە جینەکان بوو بە هۆی دەماری خۆیەوە لە فەرمانی خودا دەرچو ، جا ئایا ئێوە ئەو شەیتانەو نەتەوەکانی ئەو شەیتانە ئیعتیبار ئەکەن بە دۆست بۆ خۆتانو لە خودا لائەدەن وەلحاڵ ئەوان هەموو

دوژمنی ئێوەن ؟! زۆر خراپ جێگەداریێو بەدەلێکە کە لە باتی خودا بڕیاری ئەدەن بۆ خۆتان •

(مَـا أَشْهَدْتُهُمْ خَلْـقَ السَّماواتِ والأَرْضِ ولا خَلْقَ أَنْفُسِهِمْ ومَا كُنْتُ مُتَّخِذَ المُضِلِّينَ عَضُداً) (٥١)

ئەو ئیبلیسەو نەوەکانی لای ئێمـــە قەدرو قیمەتێکیان نیە لە کاتی دروستکردنی ئەوانیشا ، واتە وە نەبێ لە دروستکردنی ئاسمانەکانا وە یا لە دروستکردنی زەویدا ، وە یا لە دروستکردنی نەفسی خۆیاندا من پرسـم بەوان کردبێو ئەوان پەیوەندییان بەو دروستکردنەوە ببێ ؛ چونکی ئەوانە گومڕاکەری چاکانن‌و من قەت گورۆهی گومڕاکەران ناگرم بە قۆڵو بـە یارمەتیدەر بۆ خۆم •

(ويَوْمَ يَقولُ : نادُوا شُرَكائِيَ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ ، فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وجَعَلْنا بَيْنَهُمْ مَوْبِقاً) (٥٢)

وە باسی ئەو رۆژەیش بکە کە خودای تەعالا ئەڵێت بە کافرە بتپەرستەکان: بانگ بکەن لەو شەریکانەم کە گومانتان پێ ئەبردن بزانن فریاتان ئەکەون ئەوانیش بانگیان ئەکەن‌و بتەکان وەڵامیان نادەنەوەو لە بەینی هەموویانا ، بت‌و بتپەرست ، کوورە ئاگرێکی موشتەرەکم دانا هــەتا هەموویان بەو ئاگرە بسووتێن ، بتپەرستی بەدبەخت بە ئاگری گەرمی سەخت‌و بتیش یـا گیانیان ئەکەم بە بەرا هەتا لەو ئاگرە بەشێ بدرێ بەسەریانا ، وە یا هەر بۆ تێگەیشتنی بتپەرستەکان لە ئەحواڵی ئەو بتانە کە وا لاوازو بێ قیمەتن •

(ورَاى المُجْرِمونَ النَّارَ فَظَنّوا اَنَّهُمْ مُواقِعُوها ولَمْ يَجِدوا عَنْها مَصْرِفاً) (٥٣) •

وە لەو رۆژەدا تاوانبارەکان ئاگری دۆزەخ ئەبینن‌و بە یەقین ئەزانن بە راستی ئەوان ئەڕۆنە ناوی‌و مەجالیان نامێنێ خۆیان لەو ئاگرە لادەن •

(ولَقَدْ صَرَّفْنا في هذا القُرْآنِ لِلنَّاسِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ ، وكانَ الإنْسانُ اَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلاً) (٥٤)

بە راستی بەیانمان کردوە لەم قورئانەدا بۆ ئادەمیزاد لە هەموو جۆرە شتێکی بەنرخ بۆ ئەوە سوودی لێ‌وەربگرن ، وە ئادەمیزاد لە واقیعا شتێکی وایە لە هەموو گیانلەبەرێ جەدەل‌و شۆڕو غەوغای زۆرترە بە ناحەق •

(وما مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنوا اِذْ جاءَهُمُ الهُدى ويَسْتَغْفِروا رَبَّهُمْ اِلاَّ أَنْ تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ الاَوَّلِينَ اَوْ يَأْتِيَهُمُ العَذابُ قُبُلاً) (٥٥)

ئەوە چی مەنعی ئادەمیزادی کردوە لەوە ئیمانبێنن لەو کاتەدا کە هۆی هیدایەت هات بۆ لایان وەکو پێغەمەری رەهبەر بێ‌و داوای تاوانبەخشی بکەن لە خودای خۆیان داواکردنی ئەوە نەبێ کە ئەوەی بەسەر کافرە پێشوەکانا هات ، کە ڕیشەکیشیانە ، بەسەر ئەوانیشا بێ ، یا ئەوە کە لەبەردەمیانا لە قیامەتا سزایەکی نابارە بێتە ڕێگەیان‌و لە ئاگری دۆزەخدا بسوتێن •

(وما نرسل المرسلين الا مبشرين ومنذرين ، ويجادل الذين كفروا بالباطل ليدحضوا به الحق . واتخذوا آياتي وما انذروا هزوا) (٥٦)

ئێمە پێغەمەرەکانمان نەناردوە بەوە نەبێ کە موژدەدەر بن بە فەرمانبەرانو ترسێنەر بن بۆ سەرکێشە نافەرمانەکان ، وە ئەمانەم بە یاسای راستی ناردوە بۆ ئامۆژگاریکردنی ئینسانی نەزان ، وە کافرەکان موجادەلە ئەکەن لەگەڵ پێغەمەرەکانا بە ناحەق بۆ ئەوە بە هۆی ئەو موجادەلەوە حەق لەناوا لابەن . وە هاتن ئەو ئایاتی خودایانە کرد بە گاڵتەو ئەو سزانە کە پێغەمەرەکان ئەیانکردن بە هۆی ترساندنیان بە پووچو بێ‌نرخیان دائەنان •

(ومن اظلم ممن ذكر بآيات ربه فاعرض عنها ونسي ما قدمت يداه ؟ إنا جعلنا على قلوبهم أكنة أن يفقهوه وفي آذانهم وقراً ، وإن تدعهم إلى الهدى فلن يهتدوا إذاً أبداً) (٥٧)

کێیە زاڵمترو ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە بە ئایەتەکانی خودای خۆی لە لایەنی پێغەمەرانەوە ئامۆژگاری بکرێ کەچی ئەو ئیعرازیان لێ بنێو گوێ بەو ئامۆژگاریانە نەداو هەرچی کردوە لە تاوانەکان بەدەستی خۆی لە بیری خۆی بباتەوە ؟ کەس لەوانە زاڵمتر نیە •

جا بزانن ئەو ستەمکارانە ئەوەندە بێ شەرمییان کردوە لەگەڵ ئێمەدا ئێمە دامانناوە لەسەر دڵیان پەردەیێ کە مانیع بێ لە وەرگرتنی ئەو ئایەتانەو لە تێگەیشتنیان ، وە لە ناو گوێچکەیشیانا بارێکی قورسم داناوە هەتا حەق

نەبیێن ، جا مادام ئەوانە حاڵیان وایە تۆ ئەگـــەر بانگیـــان بکەی بۆ هیدایەتوەرگرتن هەرگیز وەری ناگرن •

(وربُّكَ الغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ لَوْ يُؤاخِذُهُمْ بِمَا كَسَبُوا لَعَجَّلَ لَهُمُ العَذابَ بَلْ لَهُمْ مَوْعِدٌ لَنْ يَجِدُوا مِنْ دونِـهِ مَوْئِلاً) (٥٨)

وە بزانە کە خودای تۆ تاوانبەخش‌و خاوەن میهرەبانیـــە بۆیە زوو لەناویان نابا ، وە ئەگەر بە شوومی ئەو تاوانانە بیگرتنایە کە ئەوان ئەیانکەن زووبەزوو سزای بۆ ئەناردن ، بەڵام نە ، وا ناکا وە وادەیەکی بۆ داناون کە دەستیان ناکەوێ بۆ چاری ئەوە هیچ پەناو چارەیێ •

(وتِلْكَ القُرى أَهْلَكْناهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وجَعَلْنا لِمَهْلِكِهِمْ مَوْعِداً) (٥٩)

وە ئەهلی ئەو دێهاتەمان لە ناوبرد کاتێ ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی کوفرو عینادو بەرانبەریکردنی رەهبـەران وە لە خەڵکیش بـە کوشتن‌و دەستبردن بۆ ماڵو حاڵو ناموسیان ، وە بڕیارمان دا بۆ لەناوبردنەکەیشیان وادەیەکی تایبەتی ، وە مەبەس لە ئەهلی ئەو دێهاتە لە ئەهلی عادو ثەمودو باقی ئەو وڵاتانەیە کە لەمەوپێش باسیان کراوە ، وە هەموو ئەوانەمان لەبەر ستەمکاری لەناوبردوە ، دەی با باقی کافرەکانی تریش پەند وەربگرن لەوەی بەسەر ئەوانا هات ، چونکی

من هـه‌ر وا ماوم بـه حه‌ق دادگه‌ر
ئه‌کێشـــم گیانی شه‌خسی سته‌مگه‌ر
ئه‌ر ئیمرۆ نه‌بێ واده‌ی ســـبه‌ینێ
بێ‌ســـووده بۆیان مۆڵه‌تیـان به‌ینێ
کـه‌س رزگـار نابێ لـه‌م دادگـایـه
خۆزگـه‌م به‌و که‌سه به دڵ ئاگـایـه



(وإذْ قالَ مُوسى لِفَتَـــاهُ لا أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ البَحْرَيْنِ أوْ أَمْضِيَ حُقُباً (٦٠)

باسی ئه‌وه بکه ئه‌ی خۆشه‌ویست که حه‌زره‌تی موسای کوڕی عیمران پێغه‌مه‌ری به‌نی ئیسرائیل فه‌رمووی به خزمه‌تکاره‌که‌ی که یوشعی کوڕی نونی کوڕی ئه‌فرایمی کوڕی یوسفی کوڕی یه‌عقوب بوو خوشکه‌زایشی بو •• فه‌رمووی : من هه‌ر ده‌وام ئه‌که‌م له‌سه‌ر رێڕه‌وێ هه‌تا ئه‌گه‌م به (مجمع البحرین) ئه‌و شوێنه که سه‌ری هه‌ردوو ده‌ریای سوورو ده‌ریای سپی تیایدا یه‌ك‌ئه‌گرنه‌وه ، بۆ ئه‌وه بگه‌م به‌و به‌نده‌ی خودایه که له من زاناتره ، یا هه‌ر ئه‌ڕۆم به رێدا ماوه‌ی چه‌ن ساڵێ هه‌تا ئه‌یدۆزمه‌وه ئه‌گه‌ر له‌و شوێنه‌دا پێی نه‌گه‌یشتم •

ریوایه‌تکراوه : حه‌زره‌تی موسا عه‌رزی خودای ته‌عالای کردو وتی : خودایه کام عه‌بدی تۆ له هه‌موو که‌س خۆشه‌ویسنتره له لای تۆ ؟ فه‌رمووی: ئه‌و که‌سه که هه‌میشه من وام له یادیاو قه‌ت فه‌رامۆشم ناکا ، جا عه‌رزی کرد : ئه‌ی کام به‌نده حوکم ساغتره ؟ فه‌رمووی : ئه‌و که‌سه که حوکم ئه‌کا به عه‌داله‌تو ناکه‌وێته شوێن ئاره‌زووی نه‌فس • جا فه‌رمووی : ئـه‌ی کام

بەندە زاناترە ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو کەسە کە عیلمی خەڵکی ئەخاتە پاڵ عیلمی خۆی ، واتە بە عیلمەکەی خۆی قەناعەت ناکاو عیلم وەرئەگرێ لە خەڵك بۆ ئەوە بگا بە شتێ هیدایەتی بۆ زیاد بکا ، یا دەفعی هیلاكو فەوتانی لێ بکا • جا عەرزی کرد : لەم رۆژەدا کەسێ هەیە لە من زاناتر بێ هەتا برۆم بۆ لایو زانیاری لێوەربگرم ؟ فەرمووی : بەڵێ کەسێ هەیە لە(مجمع البحرين)دا واتە جەمسەری دەریای سوورو دەریای سپی کە ئیستە هەڵکەنراوەو کراوە بە رارەوی پاپۆری گەورە • جا عەرزی کرد : جێگەی کوێیە ؟ فەرمووی : وا لە نزیکی بەردێکی گەورەدا لەو جەزیرەدا . وە لە نزیکی ئەو بەردەوە سەرچاوەیێ ئاو دەرئەچێ • عەرزی کرد : نیشانەیەکم بۆ دابنێ هەتا بزانم لە کوێدا بۆی بگەرێم ؟ فەرمووی : ماسییەك ببرژێنەو لە زەمیلەیەکدا دایبنێ ، جا لەهەر شوێنێکدا لە قەراخی دەریادا ئەو ماسییە زیندووبوەو خۆی پەرت کرد بۆ ناو دەریا ئەوە نزیکە بەو ئینسانەو لەوێدا ئەیدۆزیتەوە •

(فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا) (٦١) •

جا کاتێ موساو خزمەتکارەکەی گەیشتن بە (مجمع البحرين) ئەو شوێنەی کە بۆیان دیاریکرابو حەزرەتی موسا ماندو بوو نوستو یوشع لە لایا دانیشتبو لەو کاتەدا یوشع تەماشای کرد ماسیە برژراوەکەیان زیندوبوەوەو خۆی هەوادا ناو ئاوی دەریاکەو رێگەی خۆی لە دەریادا گرتەبەرو کەوتە رێ ، وە یوشع ئاگای لەوە نەبو کە خودا ئەو نیشانەیە داناوە بۆ موساو ئەوەیشی فەرامۆش کرد ئەم باسە سەرسورهێنەری ماسیە

بۆ موسا بگێڕێتەوە ، هەروەها حەزرەتی موسایش ئەوەی لەبیرچو کە ئەو نیشانە بلێ بە یوشعو تایبەتی لەو شوێنەیشا پرسیاری لێ بکا : ئەو ماسیە کە لە زەمیلەکەدا دامان ناچی لێ هات ؟ وە لەوێ هەستانو کەوتنە رێ •

(فَلَمَّا جاوَزا قالَ لِفَتاهُ : آتِنا غَداءَنا لَقَدْ لَقِينا مِنْ سَفَرِنا هذا نَصَباً) (٦٢)

کاتێ موساو یوشع رابوردن لەو شوێنەو ماوەیێ گەڕان ماندوو بوون، حەزرەتی موسا فەرمووی بە خزمەتکارەکەی کە یوشعە : خواردەمەنیو قاوەڵتیەکەمان بێنە با بیخۆین بە راستی لەم سەفەرەمانا تووشی ماندوبوون بووین •

(قال : أَرَأَيْتَ إِذْ اَوَيْنا الى الصَّخْرَةِ ؟ فَإِنِّي نَسِيتُ الحوتَ ، ومَا انْسانِيهُ إِلاَّ الشَّيطانُ اَنْ اذْكُرَهُ ، واتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي البَحْرِ عَجَباً) (٦٣)

جا یوشع عەرزی حاڵی کرد : پێم ناڵێیت بۆچی من وام بەسەر هات ؟ کاتێ گەیشتینە لای بەردەکەو تۆ نوستی من تەماشام کرد ماسیەکەمان لە ناو زەمیلەکە دەرپەڕیو خۆی فڕەدا ناو دەریاکەو من لەبیرم چوو ئەم رووداوەت بۆ بگێڕمەوەو کەسیش لەبیری نەبردمەوە شەیتان نەبێ بە هۆی خەیاڵاتی دڵەوە ، وە کاتێکیش ماسیەکە خۆی فڕەدایە ناو دەریاکەوە زۆر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەسەر ئاوەکەدا رۆیی وەك گیاندارێکی وەها کە نەکەوێتە ناو دەریاکەوە •

(قالَ : ذلِكَ ما كُنَّا نَبْغِ ، فارْتَدّا عَلى آثارِهِما قَصَصاً (٦٤)

حەزرەتی موسا فەرمووی : ئەوەی کە تۆ چاوت پێی‌کەوتوە ئەو شتەیە کە ئێمە بۆی ئەگەڕاین‌و ئەوە نیشانەی شوێنەواری ئەو کەسەیە ئێمە بە شوێنیا ئەگەڕێین • وە گورج بە شوێنی خۆیانا گەڕانەوە تەماشای دەورو بەری ڕێگەکەی خۆیانیان ئەکرد •

(فوَجَدَا عَبْداً مِنْ عِبادِنا آتَيْناهُ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنا وعَلَّمناهُ مِنْ لَدُنَّا عِلْماً) (٦٥)

جا لەو گەڕانەدا چاویان کەوت بە بەندەیێ لە بەندەکانی من کە خەلاتێکی گەورەم لە لای خۆمەوە دابوویێ‌و ، زانستی بەرخمان فێرکردبو. واتە ئەو نیعمەتە گەورە کە هەر لە میهرەبانی خوداوە بە بێ کەسب ئەبەخشرێ وەکو خۆشەویستی بێ ئەوەمان پێدابو ، وە ئەو زانیاریە نایابەیش کە نهێنی زانیاری ئێمەیە کەس نابزانێ لەوەیش بەشمان دابو ، واتە زاتێکی وابو گەنجینەی ئەسرار بو •

لە تەفسیری (روح المعانی)دا ئەفەرموێت : لە ریوایەتی بوخاری‌و غەیری بوخاریەوە سابت بوە کە موساو یوشع گەڕانەوە بۆ لای بەردەکەو تەماشایان کرد بە نوێنێ خۆی داپۆشیوەو چمکێ لەو نوێنەی خستوەتە ژێر هەردو پێی‌و چمکێکی تری خستوەتە ژێر سەری •

وە لە صەحیحی موسلیمدا ئەڵێت : موساو یوشع هاتن بۆ وشکانی لە ناو ئاوداو خدریان بینی کە بە پێوە راوەستابو بەسەر بەرماڵێکی سەوزەوە بەسەر دەریاکەوە •

له‌وانه‌یه ریوایه‌تی بوخاری باسی یه‌که‌م جاری پێگه‌یشتنی بکاو ریوایه‌تی موسلیم باسی حاڵی پاش چاوپێکه‌وتنی بکا •

(قالَ لَهُ موسى : هَلْ أَتَّبِعُكَ على أَنْ تُعَلِّمَني مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْداً ؟) (٦٦)

جا موسا پێی‌وت : ئایا ئیزنت هه‌یه که له‌گه‌ڵتا بم‌و په‌یڕه‌ویت بکه‌م به مه‌رجی ئه‌وه‌ی که له‌و زانیاریانه‌ی خودا پێی فه‌رمووبی هه‌ندێکم فێربکه‌ی، زانیاریه‌کی وه‌ها که ببێ به هۆی گه‌یشتنم به ره‌زای خودای ته‌عالا له‌م ئه‌ندازه که خۆم ئه‌یزانم زیاتر بێ ؟

(قالَ : إنَّكَ لَنْ تَسْتَطيعَ مَعِيَ صَبْراً !) (٦٧) •

جا خضر فه‌رمووی : ئه‌ی موسا به راستی تۆ تـه‌واناى خۆگرتنت له‌گه‌ڵ مندا نیه !

(وكَيْفَ تَصْبِرُ على مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْراً ؟) (٦٨)

وه به چی حاڵێ تۆ خۆت ئه‌گری‌و بێ‌ده‌نگ ئه‌بێ له‌سه‌ر کردنی چه‌ن کرده‌وه‌یه‌کی ناهه‌مواری وه‌ها که تۆ ئاگادار نیت له هۆی ئه‌وانه‌و نازانی چۆن ئه‌وانه بۆ من ره‌وان ؟

ریوایه‌ت‌کراوه : که خضر فه‌رمووی : ئه‌ی موسا تۆ بازه زانیاریه‌کت هه‌یه له لای من نیه‌و ، منیش بازه زانیاریه‌کم هه‌یه تۆ نایانزانی ، واز بێنه تۆ به رێگه‌ی خۆت‌و منیش به رێگه‌ی خۆم !

(قالَ : سَتَجِدُني إنْ شاءَ اللهُ صـــابِراً ولاَ أَعْصِي لَكَ أَمْراً) (٦٩)

حەزرەتی موسا فەرمووی : خودا یار بێ مادام تۆ ئیزنم بدەی لەگەڵتا بم ئەبینی خۆم ئەگرمو زۆر ئارام ئەبمو سەرپێچی لە فەرمانت ناکەم •

(قالَ : فَإنِ اتَّبَعْتَني فَلا تَسْأَلْني عَنْ شَـــيْءٍ حتّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْراً) (٧٠)

جا خضر فەرمووی بە موسا : باشە ئیزنم هـــەیە لەگەڵما بی ، بەڵام ئەگەر کەوتیتە شوێنم ئەبێ پرسیار لە هیچ شتێ نەکەی ، کە من ئەیکەم ، هەتا خۆم لە بابەتی ئەو شتەوە قسەت بۆ ئەکەمو تێت ئەگەیەنم •

(فانطَلَقا حَتّى إذا رَكِبا في السَّفِينَةِ خَرَقَها ، قالَ : أَخَرَقْتَها لِتُغْرِقَ أَهْلَها ؟ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئاً إمْراً !) (٧١)

واتە : پاش ئەوە کە ڕێکەوتن لەسەر ئەو مەرجی خۆیانە ، ڕۆیشتن بە ڕێگەدا لە قەراخی دەریادا بۆ ئەوە کە شتێکیان دەست بکەوێ،تا کەشتیەکیان دەست کەوتو سواری بوون خضر ڕۆیی تەورێکی هێنا دای بە کەشتیەکەداو دوو تەختەی لە تەختەکانی ژێر پێی ئەو کەشتیەی هەڵکەند • جا حەزرەتی موسا فەرمووی : ئەوە چیت کرد ! بۆچی وا تەختی ئەو کەشتیەت کون کرد هەتا ئاو بێتە ناویو ئەوانە وان لە ناویا بخنکێن ؟! بە ڕاســـتی تاوانێ گەورەت کرد •

(قالَ : أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً ؟) (٧٢)

جا حه‌زره‌تی خدر فه‌رمووی : من پێم نه‌وتی كه تۆ توانای خۆگرتنت له‌گه‌ڵ مندا نیه‌و ناتوانی هاوڕێتی من بكه‌ی ؟

(قالَ : لا تُؤاخِذْني بِما نَسِيتُ وَلا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْراً) (٧٣)

جا حه‌زره‌تی موسا عوزری بۆ هێناوه‌و فه‌رمووی : لێم دڵگران مه‌به به هۆی موخالەفه‌ی ئه‌و په‌یمانه‌وه كه من له یادم نه‌ماو له‌بیرم چووه‌وه ، وه باری ناباری زه‌حمه‌ت‌و بێ‌مۆڵه‌تی مه‌ده به سه‌رماو ، سه‌رفی نه‌ظه‌رم لێ بكه • وه خدریش له‌م موخالەفه‌ی یه‌كه‌م جاره چاوپۆشی كرد •

(فَانْطَلَقا حَتَّى إِذا لَقِيا غُلاماً فَقَتَلَهُ ! قالَ أَقَتَلْتَ نَفْساً زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ ؟ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئاً نُكْراً !) (٧٤)

واته پاش ئه‌وه كه له كه‌شتیه‌كه دابه‌زین بۆ وشكان ڕۆیشتن به ڕێگه‌دا گه‌یشتن به منداڵێ كه تازه پێنه‌گه‌یشت ، هه‌ر چاوی پێی كه‌وت دای بـه سه‌ریاو كوشتی بێ قسه‌و پرسیار ! حه‌زره‌تی موسا ئه‌مه‌ی بۆ قووت نه‌چوو • له‌م تاوانه زۆر په‌رێشان بوو فه‌رمووی به خدر : له‌سه‌ر چی تۆ ئه‌م نه‌فسه پاكه بێ تاوانه‌ت كوشت به بێ ئه‌وه كه تۆڵه‌ی كوشتنی كه‌سی له‌سه‌ر بێ ؟! به ڕاستی كارێكی زۆر نارەوات كرد وه‌ها كه هه‌موو خاوه‌ن ویجدانێ بـه تاوانی ئه‌زانێ‌و ئینكاری ئه‌كا !

(قـــالَ : أَلَمْ أَقُلْ لَكَ إِنَّـكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْراً ؟!) (٧٥)

خدر فەرمووی : کورە من پێم نەوتی بە راستی پیاوی وەکو تۆ بێ ئاگا لە کاری من ناتوانێ هاوڕێتی من بکاو ناتوانێ خۆی بگرێو لە کاری مندا خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ ؟ !

(قالَ : إِنْ سَأَلْتُكَ عَنْ شَـيْءٍ بَعْدَها ، فَلاَ تُصاحِبْني ، قَدْ بَلَغْتَ مِنْ لَدُنِّي عُذْراً) (٧٦)

حەزرەتی موسا فەرمووی : ئەگەر جارێکی تر پاش ئـەم جـارە من پرسیارم لێ کردی بەرابەر بە هەر شتێ تۆ ئەیکەی ئیتر هاوڕێتیم مەکە ، ئیتر بیانووی هاوڕێتی نەکردنی منت دەست ئەکەوێ کە سێ جار لە مەرجی خۆم دەرچووم .

ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ــ د ــ فەرموویەتی : رەحمەتی خودا لە موسای برام ، شەرمی کرد زیاتر لەو سێ جارە بمێنێو موخالەفەی مەرج بکا ، ئەنا ئەگەر لەگەڵ خدرا بمایەتەوە شتی زۆر عەجیبترو رووداوی غەریبتری چاو پێئەکەوت !

(فانْطَلَقا حَتَّى إِذا أَتَيا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَما أَهْلَهـا ، فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُما ، فَوَجَدافِيها جِداراً يُرِيدُ أَنْ يَنْقَضَّ ، فَأَقامَهُ ، قالَ : لَوْ شِئْتَ لاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْراً !) (٧٧)

پاش ئه‌وه كه‌وتنه‌وه ڕێگه‌و ڕۆیشتن هه‌تا گه‌یشتن به ئه‌هلی ئاوه‌دانییه‌ك (شاری ئه‌نطاكیه) داوای خوارده‌مه‌نییان كرد له هه‌موو ئه‌هلی ئه‌و دێیه بیخۆن ، به هه‌موویان ملیان نه‌دا به‌وه كه میوانداریان بكه‌ن‌و ، به نائومێدی ڕۆیشتن ، جا پاش ئه‌وه كه ڕۆیشتن دیوارێكیان بینی خه‌ریك بو هه‌ره‌س بێنێ‌و بڕوخێ ، حه‌زره‌تی خدر ده‌ستی كرد به دروستكردنه‌وه‌ی ئه‌و دیواره‌و ڕاستی كرده‌وه به خۆڕایی • حه‌زره‌تی موسا فه‌رمووی : ئه‌هلی ئه‌م شاره بێ ویژدان‌و بێ كه‌ره‌من ، بۆچی ئه‌م دیواره‌ت به خۆڕایی چاك كرده‌وه؟ئه‌گه‌ر هه‌وه‌ست ببوایه كرێت لێ وه‌رئه‌گرتن‌و به‌كرێ چاكت ئه‌كرده‌وه •

(قالَ : هذَا فِراقُ بَيْني وبَيْنِكَ ، سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ ما لَمْ تَسْتَطِعْ عَلَيْهِ صَبْراً :) (٧٨)

جا خدر فه‌رمووی : ئه‌م كاته كاتی جیابوونه‌ی من‌و تۆیه ، جا به‌م زووه ئاگادارت ئه‌كه‌م له نهێنی ئه‌و ڕووداوانه كه تۆ ته‌وانای خۆگرتنت نه‌بو به‌رابه‌ریان •

(امَّا السَّفِينَةُ فكانَتْ لِمساكِينَ يَعْمَلونَ فِي البَحْرِ ، فارَدْتُ أَنْ أَعِيبَها ، وكانَ وراءَهُمْ مَلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْباً) (٧٩)

هۆی ئه‌وه‌ی كه كه‌شتیه‌كه‌م كون‌كرد ئه‌وه بو ئه‌و كه‌شتیه هی چه‌ن هه‌ژارێ بو له ده‌ریادا كاریان ئه‌كردو به هۆی ئه‌و كه‌شتیه‌وه ژیواریان په‌یدا ئه‌كرد ، وه له‌و كاته‌دا ئێمه سواری كه‌شتیه‌كه بووین ئاگادار كرام كه له

پاشیانەوە پاشایەکی ستەمگەر هەیە وا لە دەریادا بە شوێن کەشتیدا ئەگەڕێ‌و هەر کەشتیەك کە ساغ‌و بێ‌عەیب بێ داگیری ئەکا بۆ ئیشی خۆی ، جا ویستم ئەو کەشتیە باشە عەیبدار بکەم بۆ ئەوە پادشاکە نەیباو دەسبەرداری ماڵی ئەو داماوانە ببێ هەتا بۆ خۆیان پێی بژین •

(وأمَّا الغُلامُ ، فكانَ أَبَواهُ مُؤْمِنَيْنِ ، فَخَشِينا أَنْ يُرْهِقَهُما طُغْياناً وكُفْراً) (٨٠)

هۆی کوشتنی منداڵەکەیش ئەوە بو کە باوك‌و دایکی دوو ئینسانی موسوڵمان بوون‌و ئەو منداڵەیش بەدکێش‌و کافرو بەدئەندیش بو ، لەوە ترساین کە باوك‌و دایکەکەی لە خشتەبەرێ‌و لە ڕێگەیان لابداو ناچاریان بکا لەسەر ئەوە ئەوانیش وەکو خۆی کافر بکا •

(فأَرَدْنا أنْ يُبْدِلَهما رَبُّهُما خَيْراً مِنْهُ زَكاةً وأَقْرَبَ رُحْماً) (٨١)

جا ویستمان کە خودای تەعالا لە باتی ئەو غولامە ناڕامە خراپە کوڕێکیان پێ کەرەم بکا کە باشتر بێ لەو لە هۆی ئارامی‌و پاکی نەفس‌و طەبعەوەو نزیکتر بێ لە میهرەبانیدا دەربارەی باوك‌و دایکەکەی •

(وأَمَّا الجِدارُ ، فَكانَ لِغُلامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي المَدِينَةِ ، وكانَ تَحْتَهُ كَنْزٌ لَهُما ، وكانَ أَبوهُما صالِحاً ، فَأَرادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغا أَشُدَّهُما ويَسْتَخْرِجا كَنْزَهُما، رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ،

وما فَعَلْتُهُ عَنْ اَمْرِي ، ذٰلِكَ تَاْوِيلُ ما لَمْ تَسْطِعْ عَلَيْهِ صَبْراً) (٨٢)

وە هۆی ئەوەیش کە دیوارەکەم چاككردەوە ئەوە بو : ئەو دیوارە ماڵی دوو هەتیو بو لەو شارەداو ، لە ژێر دیوارەکەدا خەزێنەیەکیان بو لە ئاڵتوونو زیو ، ئەگەر دیوارەکە بکەوتایە دەرئەکەوتو لە دەستیان دەرئەچوو ، باوکی ئەوانیش پیاوێکی باش بوو خودایش چاودێری نەتەوەی پیاوچاك ئەکا ، جا خودا ویستی ئەو منداڵە هەتیوانە گەورە بنو بگەنە ئەندازەی ماریفەتو حاڵیبوون لە ماڵو داراییو قازانجو زەرەری خۆیان ، ئەوسا لەسەر نووسراوی کیتابچەی خۆیان ئەو خەزێنە بە خامۆشی دەربکەنو ، ئەم خواستەیش میهرەبانیەك بو لە لای پەروەردگاری تۆوەو ، من لە خۆمەوە ، ئەم کارە ، یا ئەم کارانەم نەکرد ، بەڵکو لەسەر خواستی خودا بوون • جا ئەمەی کە باسم کرد بۆ تۆ کاکڵەو پوختەی ئەو کارانە بو کە تۆ نەتتوانی خۆت لە بەرابەریانا بگری •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەو کەسە کە لەم ئایەتانەدا باس کراوە کێ بوە ؟

دوەم : ئەو کەسە پێغەمەر بوە یاخود یەکێ بوە لە پیاوچاکان ؟

سێهەم : ئەوەی کە مەشهوورە بە خضر تا ئیستە ماوە یا مردوە ؟

باسی یەکەم : کۆمەڵی زانا ئایینیەکان باوەڕیان وایە کە ئەو بەندە مەشهوورە بە (خضر) و ، بە گوێرەی ئەوەی لە حەدیثەوە دەرئەکەوێ ، بە تایبەتی ئەوەی کە بوخاریو غەیری ئەو ریوایەتیان کردوە لە حەزرەتەوە

ــ د ــ کە ئەو بەندە کاتێ دائەنیشت لەسەر عەرزی سافی ســپی گیای لێ ئەڕواو سەوز ئەبو ، جا لەبەر ئەمە بو ناوبرا بە (خضر) •

باسی دوەم : گەلێ لە زاناکان لەسەر ئەوەن کە ئەو زاتە (نبی) بوە ، واتە خاوەن شەریعەت بوە ، بەڵام بۆ خۆیو فەرمانی گەیاندنی بە خەڵکی پێ نەدراوە • وە بۆ ئەم قسە چەن بەڵگەیان هێناوەتەوە •

١ ــ خودا فەرموویەتی : (آتیناه رحمة من عندنا)و رەحمەت پایەی (نبوەت)ە •

٢ ــ دوەم خودا فەرموویەتی : (وعلمناه من لدنا علما)،وە عیلمێ کە بە واسیطەی مامۆستاوە نەبێ هەر عیلمێکە کە بە وەحی خودایی بێ ئەوەیش ئەبێ بە (نبوەت) بێ •

٣ ــ ئەمە کە حەزرەتی موسا داوای لێکرد کە ببێ بە تابیعی ئەو وە هەرکەسێ کە پێغەمەرێ تابیعی بێ ئەبێ پێغەمەر بێ •

٤ ــ ئەگەر خضر پێغەمەر نەبوایە بە موسای نەئەفەرمو (وکیف تصبر علی ما لم تحط بە خبرا) •

٥ ــ ئەمەیە کە لە کاتی بەیانی هۆی کردەوەکانا خضر فەرمووی : (وما فعلتە عن امری) ، واتە بە ئەمری خودا ئەمانەم کردوە •

٦ ــ ریوایەتکراوە کاتێ موسا پێی گەیشتو فەرمووی : (السلام علیك) وەڵامی داوەو فەرمووی : (وعلیك السلام یا نبی بنی اسرائیل)جا موسا فەرمووی : چۆن ئەزانی کە من پێغەمەری بەنیئیسرائیلم ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو کەسە تۆی ناردوە بۆ لای من پێی وتووم کە تۆ پێغەمەری بەنیئیسرائیلی •

وه زۆریش له زاناکان فه‌رموویانه : ئه‌و به‌نده که مه‌شهووره به خضر (نبی) نه‌بوه به‌ڵکو وه‌لی‌و دۆستی خوداو پیاوێکی خـاوه‌ن پایه‌و مایه‌ی رۆحی بوه ؛ چونکی ئایه‌تی قورئان نه‌صه له‌وه‌دا که ئه‌و زاته خاوه‌ن ره‌حمه‌ت بوه له لایه‌نی خوداوه‌و له عیلمی (لدنی)دا به‌شدار بوه‌و ئه‌مه به قه‌طعی مه‌علوومه • به‌لام پله‌ی پێغه‌مه‌رێتی به‌ڵگه‌یه‌کی به هێزی له‌سه‌ر نیه‌و ئه‌صل (عدم نبوة)ه‌وه ئه‌و به‌ڵگانه‌یش که گێرراونه‌ته‌وه له‌سه‌ر پێغه‌مه‌رێتی خضر ئه‌و نه‌تیجه ناده‌ن ؛ چونکی ره‌حمه‌ت گه‌لێ مه‌عنای هه‌یه وه‌کو (نبوة)و (ولاية) و (علم) و (که‌رامه‌ت)و حورمه‌ت‌و ، دارایی‌و غه‌یری ئه‌مانه له صیفاتی به‌نرخ‌و قیمه‌ت •

(وما فعلته عن امری) موجیب نیه بۆ (نبوة) به‌ڵکو مه‌عنـای ئیلهام له‌وێدا به‌هێزتره ، وه فه‌رمووده‌ی (وکیف تصبر) ده‌لیل نیه له‌سه‌ر نوبوه‌ت؛ چونکی گه‌لێ له ئه‌ولیای خاوه‌ن پایه به جۆرێ مه‌ستی نوورو ره‌حمـه‌تی خودان ته‌وانایان نیه به ده‌قیقه له یادی خودا ده‌رچن ، وه له خودا به‌ولاوه که‌سیان له بیر نیه‌و بێجگه له خودا گوێ به هیچ که‌س ناده‌ن • وه زیاد له‌مانه لازم ناکا هه‌رکه‌سێ (نبی) بێ هه‌موو شتێ بزانێ ، له‌وانه‌یه یه‌کێ له ئه‌ولیا (مختص) بێ به گه‌لێ زانیاری‌و گه‌لێ کاروبار که ئه‌وانه هه‌ر لای ئه‌و بن‌و به‌س •

که واته حه‌ق وایه له (ولاية) به‌ولاوه پایه‌یه‌کی تر بۆ خضر دانه‌نرێ‌و به وه‌لی بناسرێت •

باسی سێهه‌م ، واته باسی ئه‌وه که ئه‌و شه‌خسه ئیسته ماوه یا مردوه ؟ وه تا کۆتایی دنیا نامرێ بۆیه پێی ئه‌ڵێن : خضری زینده •• ئه‌وه‌وه‌کو بازێ له زاناکان فه‌رموویانه زۆر ئه‌بێ به هۆی سه‌رسام بوون‌و دامانی ئینسان ؛

چونکی ئیعتیباری ویلایەت بۆ کەسێو دەوامی ژیانی لە دنیادا یا نەمانی نە لە ئەصڵی دینەو نە لە فەرعی دینو نە لە ئیسباتیا سوودێ هەیەو نـە لـە نەبوونیا زیانێ ئەگا بە قەواعیدی دین • کە وایە داخستنی دەرگای ئـەم باسانە گەلێ باشترە لە کردنەوەیان بە تایبەتی لەناو عەوامدا •

بەڵێ بازێ لە پیاوچاکان فەرموویانە : ئێمە خضرمان چاوپێئەکەوێو قسەی لەگەڵدا ئەکەین ، ئەوە لەسەر ئیعتیباری ئەوە کە ئەو کەسە بە راستی لە ئەهلی کوشووفات بێ دروستە بۆ هەر کەسێ باوەڕی پێ بکا باوەڕی بێتە سەر ئەوە کە حەزرەتی خضر زیندوەو پیاوچاکان چاویان پێی ئەکەوێ •

وە لە تەفسیری (روح المعانی)دا ئەفەرموێت : بازێ لـە زانایـان فەرموویانە (خضریەت) پایەیەکە ئەو پایە لە هەموو زەمانێکدا بۆ بازێ لە پیاوچاکان هەیە کە عیبارەتە لە مەئمووریەت بۆ بازێ کارەساتی دنیا وەکو چۆن لە نەصی ئایەتا هەیە کە بازێ لە مەلائیکەی خودا مەئمووریەتیان هەیە لەسەر گەلێ کارو فەرمانی جیهان •

وە بە راستی ئەم فەرموودە زۆر نزیکە بە عەقڵو عادەتو ئەبێ بە هۆی ئارامی دڵی ئینسان ؛ چونکی زۆر دوورە لە عەقڵو عادەت کە ئەو پیاوچاکە خاوەن پایەو خاوەن تەربیەو ئیرشادانە کە چەن کەس بە هۆی رێنومایی ئەوانەوە دڵڕووناك بوون بە پێچەوانەی واقیع بفەرموون ئێمە خضرمان چاو پێکەوتوە •

جا ئەو کەسە کە بیرو باوەڕی لەسەر ئەوەیە کە (خضریەت) پلەیـە ئەڵێت : لە هەموو زەمانێکدا ئەو خاوەن پایە لە ئوممەتی ئیسلامدا هەیەو بە فەرمانی خودا مەئمووریەتی خۆی بەجێ دێنێو خاوەن کوشووفات ئەیبینێ ، وە ئەو قسە کە بازێ نەزانان ئەڵێن چۆن ویلایەتو دۆستی خودا ئەکەوێتە

یەك لەگەڵ ئەو کارانەدا کە مەشهوورە خضر کردوونی ، وەکو شکاندنی کەشتیو کوشتنی منداڵی بێ تاوان ؟! ئەوە ئەگەر مەبەستی لەسەر ظاهیری یاسای دیانەتە ئەوە راستەو بە یاسای دین ئێمە ئینکاری هەموو کارێکی و، ئەکەین کە پێچەوانەی زاهیری شەرع بێ (نحن نحکم بالظواهر واللە یتولی السرائر) هەر لەسەر ئیعتیباری زاهیری دین بو کە حەزرەتی موسا ـد ـ ئینکاری ئەو کردەوانەی حەزرەتی خدری کرد وەکو ئایەت باسی کردوون .

وە ئەگەر مەبەستی لەسەر یاسای ئیرادەو خواستی خوداو کردارو حیکمەتی ئەوە ئەوە ئەو قسانە زۆر بێ نرخو بێ سوودن ؛ چونکە ئەو کەسە کە باوەڕی هەیە بە خودای (واجب الوجود) لەسەر ئەساسی فەیضی خودایی ، وە یا لەسەر قانوونی ئیستیدلالی عەقلی ئەوە باوەڕی هەیە بەوە کە هەرچی لە کائیناتا روو ئەدا ، خواه ئەوەی کە موافیقی یاساو نیظامی دین بێ یا ئەوەی کە پێچەوانەی یاسا بێ ظاهیر هەمووی پڕە لە حیکمەتو هەمووی راستە .

کە وابێ ئەگەر بە جارێ بەرد ببارێ لە ئاسمانەوەو وڵاتێ بکات بە ژێر بەردەوە ، وە یا بومەلەرزەیێ دروست بکاو وڵاتێ ژێرەوژوور بکا ، وە یا بە جەزرو مەددێ وڵاتێ لە ئاوا گوم بکا ، وە بە لافاوی بێ وادە هەزاران خانەوادە ئاو بیانبا ، وە یا بە هێرشی سوپای ستەمکار هەزاران بێ تاوان بکوژێ ، وە یا ستەمکارێ خاوەن دەس بکاو خوێنی هەزاران داماو بمژێ ، وە یا چاوەقوولەیێ بنێرێ هەزار هەزار منداڵی جوان بکوژێ ، وە یا نەهەنگێ لە دەریایەکدا هەزاران ماسی قووت بدا ، وە یا دڕندەی کۆهسار هەزاران گیاندار بشکێنێ ، وە یا مارێکی نابار بدا بە هەزار سەپانی داماوەوە ... ئەمانە هەموو بە قانوونی حیکمەتی کاری خودا هەمووی رەوایەو جێگەی رەخنە نیە ، ئەگەرنا بۆچی هەزار باوکی بێ کەس ئەکوژێو

بۆچی هەزار پیاوی ناپیاوو نامەرد ئەکا بە خاوەن دەسـتەڵاتو چـەنهای چەنساڵ ئازاری خەڵکی ئەداو چەن پیاوی پیرۆز گیرۆدەی دەرد ئەکاو لە ناویان ئەبا ؟

بەڵێ ئێمە کە خاوەن دینو خاوەن باوەڕین بە یاسای خودا کە قورئانە واجبە لەسەرمان بەو شێوە بۆمان دانراوە هەموو کاتێ تێکۆشین بۆ دەفعی خراپەو بۆ هێنانی چاکە ، وە هەوڵ بدەین بۆ هەموو جۆرێ لە زانیاریو پیشەو کارو کاسبیو یەکیەتیو بەرانگاری هەرچی دژ بێ بۆ وەتـەنی موسوڵمانو بۆ تەندروستی ئادەمیزاد ، بەڵام خۆ هەموو کارێ بە ئارەزووی ئێمە تەواو نابێ ؟

وە زیاد لەمانە هەر وەکو ئەو زۆردارە بە سوپاو هێزی نیظامی خۆی عالەمی داماو بەرباد ئەکا تەماشا ئەکەی لە پاش ماوەیێ بە شتێکی زۆر بێ بایەخ وەکو ناساغی یا خیلاف هەموو خۆیو هێزەکەی بەرباد ئەکا ، کەوابێ مانای وایە لەبەر ئیرادەو حیکمەتێکی تایبەتی ئەو کابرایە بەو سوپایەوە بەرز ئەکاتەوە تا بازێ تۆڵەی پێئەستێنێ لە عالەمێ وە لە پاش ئەوە عەینی خاوەن دەستەکەیش بێ سوپاو سامان ئەخاتو گوروفتاری ئەکا جا رەحمەت لەوە کە فەرموویەتی :

هێـزی خـودایی وێنـەی پـڕتـەوە
تـا هەیە رۆژە ، کـە نەما شـەوە
جارێ لەسـەر بوون پڕتـەو دائەخـا
جارێ بـۆ نەبوون جیلوەی خـۆی ئـەدا
جـارێ هـەیبـەتێ ئـەدا بـە کـەسـێ
کـە لێی ئەترسـێ هـەموو نەترسـێ
جـارجـاریش خـودا وا سـووکی ئەکا
لـەنـاو عـالـەمـا مـەهتـووکی ئەکا

هێزی حورمەتی نایە سەر بەردێ
ئەیکا بە لەعلێ ، لەعلێکی فەردێ
کاتێ کە نەما رۆژی ئەو لەعلە
ئەڵێی ئاسنە یا پارچە نەعلە
گەلێکمان بینی پیاوی بەختیار
تا خوا یاری بو ـ بووبو بە سەردار
کە وەرگەڕا لێی پڕتەوی ئیقباڵ
جوابی سەلامی لێ بوو بە مەحاڵ
جیهان دادگاو خودا دادگەر
تاوانبارەکان مەحکوومن یەکسەر
هیچ کەس دەرناچێ لەو دادگایە
چونکی خاوەن داد زاتی خودایە
ئەگەر تۆ بێتو لە سیڕ بپرسی
بۆ فلاَن لاتەو ؟ ئەو خاوەن کورسی ؟
بۆ فلاَن خانووی بوو بە جێگەی توور ؟
ئاشی کۆنی کرد بە جێی (سەلمو توور) ؟
بۆ فلاَن هۆزی کرد بە گەردو تۆز ؟
بەرازی بۆ نارد دایە بەر قەپۆز ؟
بۆ فلاَن باخی کرد بە جێگەی داخ ؟
بۆ فلاَن شوێنی رازان بە پەرداخ ؟
ئەڵێم : ئەگەر تۆ خاوەن باوەڕی
لە کاری حەقا تەریك لە گەڕی
هەمووی سەراسەر پڕە لە حیکمەت
پڕە لە بارەی پیرۆزیو رەحمەت
ئایەتی (وما من دابة) ئەڵێ
یاسایێ هەیە بۆ گشت کۆمەڵێ

ئەنواعی گیانـدار بـە شـێوەی مەرسووم
بەشـێکیان هەیە بـە یاسـای مەقسووم
ئیسـتیدلال ئەکـا بـە (حتی یقـاد)
بۆ ئـەم دەعوایـە ئینسـانی ئـازاد
مادام هـەر نەوعێ خـاوەن یاسـا بێ
بـازێ نارەسـاو بازێ رەسـا بێ
دنیـا دادگـاو خـودا حاکـم بێ
دڵ لـەم ئیشـکاله ئەبێ سـالم بێ
چونکی هەر فەردێ بـە یاسـای دەفتەر
حـوکمێکی هـەیـە (الله أکبـر)

★ ★ ★

ئەگـەر هـەر ئەڵێت کـە یاسـای جیهان
زۆردار بێ زۆران ئـەکـوژن لـە پەنهـان
ئەڵێم : ئـەم یاسـا ئەگـەڕێتـەوە
دەوری بێزۆریش دیسـان دێتـەوە
نـەهـەنگ قـوت ئـەدا هـەزاران ماسی
کـەچی بـە ژارێ ئـەمـرێ بـە راسی
زۆردار گەورەیش بێ بە وێنەی (نەمرود)
بـە مێشـوولەیێ ئەمرێ بە بێ سوود
هەروا هەر کەسێ یاخـود گیانـدارێ
زیـانێ بـدا ئـەوا بـە زۆرێ

★ ★ ★

ئەگـەر هـەر ئەڵێت وا لـە سـەر پیشە
پێشـکەوتن لـە بۆ ئەوی لـە پێشـە

فـەنو زانســـتو پیشـەو صیناعەت
بۆ پاشـــکەوتنو پێشـــکەوتنی ئوممەت
لـــە پاش تـەحقیقو بیـــرو بـەراورد
پـاش لێـکەوەدان بـــە بیـــرێـکی ورد
هەموو دێنـەوە ســـــەر خواستی خودا
ئیتر مـەڕۆرە نـاو بیـری ســــەودا
یـانی دیـارە بـــە نـووری دەلیـــل
یـا بـە ئیلهـــامی بارەگـــای جەلیـــل
ئـەم بـارەگـایـە ئـەوەڵ تـا ئـاخــر
ئـەوەیـە غەیبـەو ئـەوەیـە ظاهیـر
روونـاکـە لەســـەر چـرای ئیرادە
هـەتـا هـەتـایـە ئـــازاد ئـامـــادە
(ما شـــاء الله کـانَ) مەشـــهوورە
(ومـا لـم یشـــأ لم یکن) نوورە
هـەرگیـز بـە بیـری تـاریـکی نـەفـام
خۆت نەهـاویتـە نـاو دەریـــای ئەوهام
لـەم رووی جیهـــانـا کـارێ روو نـادا
یـاخـــو گیـــانـــدارێ ملێ بـــا نـادا
بـە بێ ئیـرادەو خواســـــتی خوداوەند
چ بـۆ فـەقیـــرو چ بـۆ دەوڵـەمـەنـد
ئیتر ئەســـــــراری کردەوەی خودا
نایێتـە دەســــــتی زانســـتی هەوا
ئـەمـەیـە رێـگەی بـاوەڕی ســـەلیم
بـە عـەقـڵو عیلمو شوعوورو تەســـلیم
هـدانـا الله الی الرشـــــاد
والی نیـــل نـور الارشـــــاد

★ ★ ★

(ویَسْأَلونَكَ عَنْ ذِي القَرْنَيْنِ ، قُلْ : سَأَتْلو عَلَيْكُمْ مِنْهُ ذِكْراً) (٨٣)

پرسیارت لێ ئەکرێ لە لایـــەنی جوولەکەو کافرەکانەوە دەربارەی ئەحواڵی پاشای مەشهوور بە (ذی القرنین) ، تۆ ، ئەی خۆشەویست ، بڵێ بەوان : لەمەولا بەیانێکی ڕەساتان بەسەردا ئەخوێنینەوە •

(إنَّا مَكَّنَّـــا لَهُ في الأَرْضِ ، وآتيْناهُ مِنْ كُلِّ شَـــيْءٍ سَبَباً (٨٤) فأَتْبَعَ سَبَباً) (٨٥)

بە ڕاستی ئێمە ئەو زاتەمان دامەزران لە عەرزاو دەستمان پێــداو لە هەموو هۆیەکەوە وەسیلەو ڕێگەی گەیشتن بە مەقسوودمان پێداو ئەویش قوسووری نەکردو کەوتە دووی سەبەبەکانو دیارە کــــە هۆی زاڵبوونی ئینسانێ بەسەر وڵاتانا زانیاریو داراییو سوپای ئامــادەو چەکی بەهێزو عەدالەتو دادگەریو دڵڕاگرتنی ئەوانەیە کە ئیشیان پێ ئەکرێ •

(حَتَّى إذا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَها تَغْرُبُ فى عَيْنٍ حَمِئَةٍ ، ووَجَدَ عِنْدَها قَوْماً ، قُلْنا : يا ذَا القَرْنَيْنِ إمَّا اَنْ تُعَذِّبَ ، وإمَّا أَنْ تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْناً) (٨٦)

واتە هەروا بە وڵاتداگیرکردن بەرەو خۆرنشین سوپاکەی خۆی برد هەتا گەیشت بە وڵاتی خۆرنشین ، بە ئیعتیباری وڵاتی ئێمــــە ، وە کاتێ گەیشتە ئەوێ وەها قورصی خۆری ئەبینی لە کاتی ئاوابوونا کە لە نـــاو

ئاوێکی تاریکی لیخندا ئاوا ئه‌بو ، له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌و ولاته نزیك بو له ده‌ریای گه‌وره‌ی غه‌ربی،وه رۆژ له کاتی ئاوابوونا له به‌رچاوی ئینسانا وا ده‌رئه‌که‌وت که به ئاوه‌که‌دا ئه‌ڕواته خواره‌وه ، وه له‌به‌ر دووری یا له‌به‌ر گه‌ردو تۆزی هه‌وایش ئه‌که‌وته به‌رچاوی ئینسان •

وه له‌و شوێنه‌دا کۆمه‌ڵه ئاده‌میزادێکی سوختی‌و نامه‌ردو بتپه‌رست‌و به‌دڕه‌وشتی بینی . ئێمه‌یش خاترخۆمان کرد له به‌ینی دوو ره‌فتارا ؛ یه‌که‌م : ئازاردانی ئه‌و قه‌ومه‌و زیندانی کردنیان‌و لێدانیان ؛ چونکی کۆمه‌ڵێکی به‌دئه‌خلاق بوون • دووهه‌میان : ئامۆژگاری‌و مودارا‌و شت‌پێدانیان هه‌تا ورده ورده رام بین بۆ یاسای باش •

وه یاخود ئه‌مرمان کرد به (ذی القرنین) : ئه‌م قه‌ومه تا ئیسته که‌س زاڵ نه‌بوه به‌سه‌ریاناو ئیسته تۆ زاڵ ئه‌بی به‌سه‌ریانا ئیتر ماوه‌ی ئه‌وه مه‌ده ده‌وام بکه‌ن له‌سه‌ر کوفرو سته‌مکردن له داماوان‌و کـرده‌وه‌ی ناپه‌سه‌ند . بانگیان بکه بۆ بیرو باوه‌ڕی پاك‌و کرده‌وه‌ی چاك جا هه‌ر که‌س ده‌وامی کرد له‌سه‌ر خراپه سزای بده‌و ، هه‌رکه‌س تۆبه‌ی کرد چاکه‌ی له‌گه‌ڵدا بکـه ، وه‌کو له‌م ئایه‌تی دواییه‌دا دیاری ئه‌دا :

(قالَ : أَمَّا مَنْ ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُه ، ثُمَّ يُرَدُّ إلى رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذاباً نُكْراً (٨٧) ، وأَمَّا مَنْ آمَنَ وعَمِلَ صالِحاً فَلَهُ جَزَاءً الحُسْنى ، وسَنَقولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنا يُسْراً) (٨٨)

واته به‌یانمان ده‌رکرد بۆ ئه‌و قه‌ومه . پێمان‌وتن : تا ئیسته هه‌رچۆن بوه رابوردوه ، له‌مه‌ولا هه‌رکه‌س ده‌وام بکا له‌سه‌ر سـته‌م‌و کوفرکردن‌و لادان له یاسای راست ئه‌وه ئێمه پاش ئه‌وه ده‌رکه‌وت بۆمـان سته‌مکاره

سزای ئەدەین بەو شێوە کە شیاویەتی ، وە لە پاش ئەوە کە مرد ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودای خۆی ، جا خودا سزای ئەدا بە سزایەکی خـــراپ ، وە هەرکەسیش دەسبەردار بێ لە تاوانباریو ئیمان بێنێ بە خودای خۆیو کردەوەی باش بکا ئەوە پاداشی زۆر باشی هەیەو ئێمەیش لە هەر بابەتێ فەرمان بدەین فەرمان بە شتی ئاسان ئەدەین بۆی •

(ثُمَّ اَتْبَعَ سَبَباً) (٨٩)

وە پاش ئەوە کـــە ولاتی خۆرنشینی دامرکاند رووی کردە ولاتی خۆرهەلات •

(حَتَّى إِذا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وجَدَها تَطْلُعُ على قَوْمٍ لَمْ نَجْعَلْ لَهُمْ مِنْ دونِها سِتْراً) (٩٠)

تا کاتێ گەیشت بە ولاتی خۆرهەلات وا حالی بوو کە رۆژ هەلدێت بەسەر گەلێکدا کە لە رۆژ بەولاوە نوێنو پۆشاكو پەردەیان نیە ، واتە ئەو گەلە وەحشی بوونو بەرگو پۆشاکیان نەبوو رایەخو نوێنیشیان نەبو • زەوی رایەخو ئاسمان لێفەیان بو •

(كذلِكَ)

وە کردەوەی (ذی القرنین) لەگەل ئەم قەومەیشا وەکو کردەوەی بو لەگەل قەومی خۆرنشیندا •

(وقَدْ أَحَطْنا بِما لَدَيْهِ خُبْراً) (٩١)

وە بەراستی ئێمە زانابووین بەوەی لە لای ئەو هەیە لە سوپاو راوێژکارانو داراییو یاسای جەنگو داگیرکردنی وڵات •

(ثُمَّ أتْبَعَ سَبَباً) (٩٢)

پاش دامرکاندنی خۆرهەڵاتیش کەوتە دووی ئەسبابی زاڵبوون بەسەر لای شیمالدا •

(حَتَّى إذا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وجَدَ مِنْ دُونِهِما قَوْماً لا يَكادُونَ يَفْقَهونَ قَوْلاً) (٩٣)

تا گەیشت بە نزیکی مابەینی ئەو دوو کێوە گەورە کە لە شیمالی وڵاتی چیندایەو بوە بە جیاکەرەوەی وڵاتی (چین) لە (منغولیا) ، لە خواری ئەو کێوانەوە قەومێکی بێسەرو سامانی وەهای دی کە لەوانە بو لە قسەی کەس حاڵی نەبن ، واتە یا زمان نەزان بوون یا نەفامو کەودەنو بێ هەست بوون •

(قالُوا : يا ذا القَرْنَيْنِ إنَّ يَأْجُوجَ ومَأْجُوجَ مُفْسِدونَ فِي الأَرْضِ ، فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجاً عَلى أنْ تَجْعَلَ بَيْنَنا وبَيْنَهُمْ سَدَّاً ؟) (٩٤)

هاواریان هێنا بۆ (ذی القرنین)و وتیان : ئەی (ذی القرنین) بە راستی نەژادی تورکی مەغۆل کە وەکو ئاگری سوورنو مەشهوورن بە (یاجوج)و

(ماجوج) هەمیشە خراپە ئەکەن‌و ئادەمیزاد ئەکوژن‌و داراییمان بە تاراج ئەبەن کشتوکاڵمان ئەسووتێنن ، ئایا تۆ رازی ئەبی بەوەی کە هەندێ لـە دارایی خۆمان بدەین بە تۆ بەرابەر بەوە کە دەربەندێ دروست بکەی لـە بەینی ئەو دوو کێوە گەورەداو رێگەی هاتوچۆی ئەو گەلە بەدکردارە بگرێ‌و ئیتر نەتوانن لە بەینی ئەو دوو کێوەوە بێن بەسەرمانا ؟

(قَالَ : مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ ، فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْماً) (٩٥)

ذولقەرنەین وتی : ئەو دارایی‌و ماڵە کە خودا داویەتی بە من‌و توانای پێداوم سەرفی بکەم چاکترو زۆرترو ماقووڵترە لەو پارەو ماڵە کـە ئێوە بدەنێ ، بەس ئێوە بە هێزی شان‌و قۆڵ‌و وەستای کارامە یارمەتیم بـدەن هەتاکو من لە بەینی ئێوەو ئەو گەلی یەئجووج‌و مەئجووجەدا بەسـتێکی ئەستوورو دەربەندێکی بە ویسمان دروست بکەم •

(آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ)

پارچە ئاسنم بدەنێ‌و پارەم لێ وەربگرن ، بۆ ئەوە کە بە شێوەیەکی فەنی هەڵیان بچنم لە بەینی ئەو دوو کێوەدا ! ئەوانیش بە قەی خواستی ئەو ئاسنیان هێنا •

(حَتَّى إِذَا سَاوَى بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ ، قَالَ : انْفُخُوا ، حَتَّى إِذَا جَعَلَهُ نَاراً ، قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْراً) (٩٦)

هەتا ئەوەندە پارچە ئاسنی هەڵچنی دیوارەکەی لەگەڵ ئەمبەرەو بەری دوو کێوەکەدا ڕێکخست ، جا فەرمانی دا کە (دەمە) دابەزرێنن‌و ڕووی بکەنە ئەو ئاسنانەو فوویان پێدا بکەن. تا وەك ئاگری سووری لێ‌کردن ، جا وتی : دەی مسی تواوەم بۆ بێنن با بیڕێژم بەسەر ئەم ئاسنە سوورەوەبوانەدا. وە بۆیان هێناو ، ئەمری کرد مسەکەیان ڕژاند بەسەر ئاسنە ســــوورەوە بوەکەداو هەمووی بوو بە یەك پارچە ئاسنی رەقی گەورەو بەینی ئەو دوو کێوەی گرت‌و ڕێگەی هاتوچۆی ئەو گەلەی لەو دۆڵەوە بڕی •

(فَمَا اسْطَاعُوا أَنْ يَظْهَرُوهُ وَمَا اسْتَطَاعُوا لَهُ نَقْبًا) (٩٧)

جا ئیتر لەبەر بەرزی‌و سافی ئەو بەستە ئاسنینە یەئجووج‌و مەئجووج نەیانتوانی سەرکەون بەسەر ئەو بەستەداو نەیشیانتوانی کونی بکەن‌و لە خوارەوە بەو کونەدا هاتوچۆ بکەن •

(قَالَ : هَذَا رَحْمَةٌ مِنْ رَبِّي فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ ، وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا) (٩٨)

جا ذیلقەرنەین وتی : دروستکردنی ئەم بەستە کە بوو بە دەربەندی ئەم شێوە گەورە لەم شوێنەدا میهرەبانییەك بوو لە لایەنی خودای منەوەو کاتێ وادەی دیاریکراوی خودا هات خودا ئەو بەستە وێران ئەکاو ئەیکا بە تۆزو یەئجووج‌و مەئجووج بەو کونەدا هاتوچۆ ئەکەن • وە وادەی خودای من ڕاستەو ڕێکی واقیعە •

(وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ)

جا لەو کاتەوە ڕێگەی هاتوچۆی یەئجووج و مەئجووجمان لەو دۆڵەوە گرت لە ناو خۆیانا گێژیان ئەخواردو مەجالی ئەوەیان نەما بێن خراپەکاری بکەن لە شیمالی چیندا • وە یاخود لەو ڕۆژەدا کە بەستەکەیان ئەشکێ هێرشێ ئەدەم بە یەئجووج و مەئجووج و بازێکیان شەپۆل ئەدا بەسەر بازێکدا لەبەر زۆری ژمارەیان و زۆری هێزو تەکانیان •

(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعاً) (٩٩)

وە فوو کرا بە صوورا ، واتە فوو ئەکرێ بە صوورا لە لایەنی فریشتەی فەرمانداروە ، جا هەموویان گردئەکەینەوە بۆ حسێب و کێشانەی بیرو باوەڕو کردەوەیان •

(وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِلْكَافِرِينَ عَرْضاً) (١٠٠)

وە دۆزەخ رائەنوێنین لەو ڕۆژەدا بۆ کافرەکان بە رانواندنێکی بیمدارو ترسناك •

(الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَنْ ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعاً) (١٠١)

بۆ ئەو کافرانەی کە چاویان لە ناو پەردەی مانیعدا بو لە تەماشاکردنی کیتابی پیرۆزی من و ناوبردنی من و ئیمانهێنان بە من و هەمیشە لە حاڵەتێکی نەفسی ناهەمواری وەهادا بوون کە نەیانئەتوانی گوێ رابگرن بۆ خوێندنەوەی ئایاتی کتێبی من هەتا سوودێکی لێوەربگرن •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم (ذی القرنین)ە کێیەو بۆچی ناوبراوە بە (ذو القرنین) ؟ گەلێ لە زاناکانی مێژووی جیهان ئەڵێن : ئەم (ذو القرنین)ە ئەسکەندەری مەقدوونی یۆنانی بوە کە مەشهوورە بە ئەسکەندەری رۆمی ، لەبەر ئەوە وڵاتەکەی لەو رۆژەدا بە رۆم ناوبراوە . یاخود لەبەر ئەوە کە گەلێك لە وڵاتی رۆمی داگیرکرد .

ئەم زاتە شاگردی ئەرەسطووی حەکیم بو وە زۆر خوێندەوارو خاوەن دڵو خاوەن سیاسەت بوە ، وە مامۆساکەیشی مەشهوور بوە بە مامۆستای یەکەمو فەلسەفەی ئەو بو لە جیهانی ئیسلاما بڵاوبوەوە ، وە ئەم ئەسکەندەری رۆمیە سێصەدو سێ ساڵ پێش لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا بوە . یەکەم جار رووی کردە لای خۆرنشینو وڵاتی ئیطالیای ئیمڕۆو فەرەنسەو ئەسپانیای داگیرکرد تا کێوی ناسراو بە (جبل طارق) .

جا رووی کردە ئەوبەری دەریای سپیو شیمالی ئەفریقیای داگیرکردو شاری ئەسکەندەریەی دروست کرد . جا وەرگەڕایەوە بۆ خۆرهەڵاتو عیراقو شامی داگرتو ، رووی کردە وڵاتی ئێرانو لەگەڵ سوپای دارادا وەجەنگ هاتو دارا بە دەستی پیاوێ لە دەستەو بەستەی خۆی کوژرا . جا ئەسکەندەر کچی دارای مارە کردو ئەو پیاوەیش کە دارای کوشتو هات بۆ لای ئەسکەندەر بۆ داوای بەخشش بە سیاسەت کوشتی !

پاش ئەمە رووی کردە هیندستانو چینو ئەوانەی داگرتو گەڕایەوە بۆ شیمالی چین ، لەوێدا خەڵکی شیمالی چین شکاتیان کرد لە گەلی (مەغۆل) کە مەشهوورن بە (تاتار) لەبەر ئەوە ، بە یاسای ئەو رۆژە . لە بەینی دوو کێوی گەورەوە بۆیان ئەهاتنەخوارەوەو گەلێ خراپەو کوشتو کوشتاریان

ئەکردو شیمالی وڵاتی چینیان تاڵان ئەکرد • جا وەکو لە ئایەتەکانـــدا ئەفەرموێت ئەسکەندەر ئەمری کرد بەینی ئەو دوو کێوەیان بەســـتو بەستێکی وای دروست کرد بوو بە هۆی مەنعی هاتوچۆی سوپای مەغۆل بۆ سەر شیمالی وڵاتی چین • وە ئیستەیش پاشماوەی ئەو بەستە لەو جێگەدا دیارە ، بەڵام دارِزاوەو کۆن بوە • وە لە مێژووی هەزارو تۆصەدو حەفتاو چواردا گەلێ دنیاگەردو سۆراخکەر وێنەی ئەو شـــوێنانەیان گـرتبوو هێنانیانەوە بۆ بەغداو لە رۆژنامەدا بڵاوکرایەوەو تەماشامان کرد •

لە ئەنجامدا ئەسکەندەر لە گەرِانەوەیا لە (خورماڵ)دا نەخۆش کەوتو مرد • بازێ زانای مێژوو ئەڵێن : هەر لە قەڵاکەی خورماڵدا لە (شارەزوور)ا نێژراوە • وە بازێ ئەڵێن تەرمەکەیان هێنـــاوەتەوە بۆ شـــارۆچکەی ئەسکەندەریە لە لای شاری بەغدا لە عێراقداو لەوێدا بە خاك سپێرراوە • باسی ئەم ئەسکەندەرە بە درێژی لە کتێبە مێژووییەکانا هەیە •

وە بیرو باوەرِی بازێ زانای تر وەکو (ابو ریحان ســروری منجم) وەهایە کە ئەو (ذو القرنین)ە پاشایە بوە لە (حمیر) لە پاشاکانی یەمەن ناوی (ابو کرب ابن افریقش)بوەو بە (ذو القرنین) ناوبانگی دەرکردوە •

وە ئەم زاتە سوپای خۆی برد بۆ سەر قەراخی دەریای سپیو میصری داگرتو لیبیاو تونسو جەزائیرو مەغریبو گەلێ لە وڵاتی ئەفریقای گرتو وڵاتەکەیشی بە ناوی باوکی ئەو پاشایەوە ناوبراوە بە ئەفریقا •

وە لە پاش داگیرکردنی لای خۆرئاوا رووی گێرِایـــەوە بۆ ئاسیاو خۆرهەڵاتو تا لاخوارووی شەرقی داگیرکردو گەرِایەوە بۆ شـــیمالی چینو ئەو وڵاتانەی هەموو گرت • وەبیرەکەی خۆی بەهێز ئەکا بەوە کە ئەو صیفاتەو ئەو باسە لە ئایەتەکانا بۆ یەکێ رێ ئەکەوێت کە خاوەن ئیمانو دینو

رەوشتی باش بێ وەکو ئەم پاشای (حمیر)ییە کە لە قەومی (تبـع) بوەو موسوڵمان بوە • بەڵام ئەسکەندەری رۆمی وا نەبوە •

زانایانی بیری یەکەم وەڵامی ئەم قسەیان داوەتەوە بەوە : هەڵئەگرێ ئەسکەندەری رۆمی لە گیانی خۆیا ئینسانێکی پاکو خوداپەرست بووبێ ؛ چونکی ئەو جۆرە زانیاریو حیکمەتە کە لای ئەوان باو بوە لەوە ناچێ کە ئەوانە بتپەرست بووبن ، بەڵکو بۆ خوداپەرستو خاوەن دین لەبارترە •

بێجگە لەمەیش ئەو ئایەتانە دامەزرابن لەسەر یاسای ئیلهامو تالیبی رۆحی وە یا تەسخیری دڵی ئەسکەندەر بۆ ئەو یاسا باشانە وەکو ئایـەتی (واوحینا الی ام موسی)و (واوحینا الی النحل)و (قلنا یا نار کونی ••)•

بە هەرحاڵ هەردوو بیرەکە لەوانەن وەربگیرێنو قەبووڵ بکرێن ، بەڵام غەیری ئەسکەندەری رۆمی مەشهوور نیە کەسێکی تر وەها خۆرنشـینو خۆرئاوای گرتبێ • واللە اعلم •

وە هۆی شۆرەتی (ذو القرنین)یا ئەوەیە کە هەردوو شاخەی جیهانی ئاوەدانی ئەو رۆژەی داگیرکردوە ، واتە خۆرهەڵاتو خۆرنشین ، وە یاخود تاجەکەی سەری دوو شاخی جەواهیری پێوە بەسراوە •

باسی دوەم : یەئجووجو مەئجووج لە چ تیرەیەکن ؟ ئەمانە لە نەتەوەی (یافث) کوڕی حەزرەتی نوحن ــ د ــ ، وە لە وڵاتی شـیمالی چیندا نیشتەجێ بوونو مەشهوورن بە (مەغۆل)و (مەنغۆلیـا)و تاتار ، وە ئەصڵەکەیان لە پیاوێکە ناوی (تورك) بوەو عەجوولو هارن، وە یا زۆر سوورو هەڵگیرساون ، بۆیە بە زمانی عەرەبی ناویان ئەبەن بە (یاجوج)و (ماجوج) من اجت النار اذا انتشر ضوؤها وشررها •

زانایانی مێژوو ئەڵێن : ئەم ئومەتە هەر لە زەمانی زۆر کۆنەوە لـەو شوێن و جێگەی خۆیانەدا ماونەتەوەو هەمیشە خـەریکی دەسدرێژی و خراپەکاری بوون ، زۆر جار هێرشیان بردوەتە سەر شارەکانی چین و سـەر وڵاتی ئاسیای خۆرئاواو پێغەمەرەکانی پێشوو ــ د ــ زۆر گەلی خۆیانیان ترساندوە لە هێرشی ئەو گەلە بەدە بەدکردارە ، وە لـە پێش زەمـانی ئەسکەندەری رۆمیشدا گەلێ جار لاژوورووی چین بە دەستیانەوە دامابوون بۆیە شکاتیان کرد لە لای ئەسکەندەر کە ئەو رێگە گەورە شیمالییەیان لێ بگرێ بۆ ئەوە کە هاتوچۆیان کەم ببێتەوە .

وە لە ناو ئەم گەلە خراپە کێویەدا کابرایەکی گەورە هەڵکەوت ناوی (تەموجین) بو خۆی ناو نا (جنگیزخان)یانی پاشـای جیهـان یـا جەنگ‌هەڵگیرسێن لە جیهانا .

ئەم جەنگیزە زۆر نەبەردو بەهێز بو ، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە پاش ئەوە کە وڵاتی مەغۆل و تاتاری هەموو رام کرد رووی کردە چین و وڵاتی چینی شیمالی هەموو داگیرکرد ، پاش ئەوە رووی کردە وڵاتی ئیسلام و سوڵتان (قطب‌الدین محمد کوڕی تەکش علاءالدین کوڕی ئەرسەلان کوڕی محمد) کە پاشای وڵاتی (خوارەزم) بو کەوتە شـەڕ لەگەڵیا تـا ماوەی دە ساڵ ، لە ئەنجاما دەوڵەتی خوارەزم بەرباد بوو لەم جـەنگەدا (جلال‌الدین) کوڕی پاشای خوارەزم جەنگێکی زۆر مەردانەی کرد ، بەڵام چاری سوپای مەغۆلی پێ نەکراو کوژرا . وە ئەم سوپای مەغۆلە ئـەوەی عەقڵ و ویجدان قەبووڵی نەکا لەگەڵ وڵاتی خوارەزمدا کردیان لە:وێرانکردن و کوشتن و برین و ، پیاوو ژن و منداڵ بە دەستی ئەو سـتەمکارانەوە بـە ناشیرینترین شێوە لە ناوچوون . خودا پەنامان بدا .

وە مێژوونووسەکان ئەگێڕنەوە : ئەوەندە خەڵك لە وڵاتی خوارەزمدا کوژرا هەر یەك کەس لە سوپای مەغۆل بیستو چوار کوژراوی بەرئەکەوت، جا باش حسێبی ئەم بەڵا بکەن پەنا بە خودا • وە شـــارەکانی بوخاراو سەمەرقەندو غەیری ئەوانەو خۆراسان هەموو وێرانکرانو خەڵکەکەیان کوژراو کوژراوانی شاری (مرو) گەیشتە ملوێنێكو سێصەدو سی هەزار کەس ، ئەوەی کە دەرکەوتوەو حسێبکراوە •

هەروا داپەڕین بۆ وڵاتی هیندســـتانو ئەفغانیان وێران کرد ، کاتێ جەنگیزخان لە هیندستان گەڕایەوە (مرو) گیانی سپارد بە دادگای خودا •

پاش مردنی جەنگیزخان (ئاقتا)ی کوڕی بوو بە جێگەدارو فەرماندارو (باقو) ناوی برازای هێرشی برد بۆ سەر وڵاتی (روس)و شـــارەکانی (پۆڵۆنیا)و (مەجەر)یان وێران کرد • پاش مردنی (ئـاقتا)ی کوڕی جەنگیز خان (جالوك) ناو لە جێگەیا دانیشتو لەگەڵ رۆمدا جەنگی کردو ناچاری کردن بە سەرانە •

وە پاش مردنی جالوك (منچرا) ناوی برازای لە جێگەیدا دانیشتو کابرا ئەمری کرد بە براکانی خۆی (کیلای)و (هۆلاکۆ) کە بەردەوام بن لە داگیرکردنی وڵاتەکانا •

لەسەر ئەم ئەمرە کیلای رووی کردە شارەکانی چینو داگیری کردنو، هۆلاکۆ رووی کردە شارەکانی ئیسلامو پایتەختی خەلیفـــەی عەباســـی (المعتصم بالله)کە شاری بەغدا بوو ، خەلیفە گەلێ تێکۆشا کە ئەو جەنگە بە شێوەی صولح تەواو ببێ بەڵام بێ سوود بوو ، سوپای هۆلاکۆ لە ساڵی شەشصەدو شەصتو پێنجدا بەغدای گرتو خەلیفەیان کوشتو ، مـاوەی حەوت رۆژ بەغدا لە ژێر دەستی ئەو سوپا دڕندەدا مایەوە بە : کوشتارو ،


تالآنو ، خراپەکاری ، وە ئەوەندە کتێبیان بە بار فڕەدایە ناو (دجلە)وە کــە خەڵك بە سەریا ئەپەڕیەوە • بەم کارەساتە خەلافەتی عەبباسی لە عیراقدا بڕایەوە •

جا ئەولادی جەنگیز دنیایان لە ناو خۆیاندا کرد بە چوار بەشەوە : چینو مەغۆلستان بۆ کیلای ، وە جاقاتای برای ئاقتای کوڕی جەنگیزخان تورکستانی وەرگرتو ، ئەولادی (باطرخان) ولآتی رووباری (وولگا) لە ولآتی رووسیەیان وەرگرتو رووسەکان سەرانەیان پێئەدان ، وە ئێرانو عیراقو ئەفغان مایەوە بۆ هۆلاکۆو سنووری گەیشت بە شامو ئیتر شــامی بۆ نەگیرا •

وە حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی : (اترکوا الترك ما ترکوکم فان اول من یسلب امتی ملکهم بنو قنطورا) ای الترك • وە لە حەدیثی ترا هەیە کــە سەرەتای یەئجووجو مەئجووج ئەگا بە شامو دواییەکەی لە ولآتی خۆراساندا ئــەبێ •

ئەوا لەسەر بەیانی زانایانی مێژوو ئەم کارەساتانەمان گێڕایەوەو ، لەم گێڕانەوەوە دەرکەوت کە یەئجووجو مەئجووج قەومی مەغۆلنو بە تاتاریش ناو ئەبرێن ، وە ئەوانە کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیەوە بـــە سەرۆکی جەنگیزخان لە ولآتی خۆیان دەرچوونو روویان کردە چینو لــە ئەورووپاو لە ئاسیای ئیسلامیو ئەو هەموو کارەساتە نابارانەیان بەســـەر عالەمدا هێنا ، جا ئەگەر مەبەس لە ئایەتی (فاذا جاء وعد ربی جعله دکاء) لەم سوورەتی کەهفەداو لە ئایەتی (حتی اذا فتحت یأجوج ومأجوج وهم من کل حدب ینسلون) • ئەم دەرچوونە بێ کە لە مێژووی رابوردوودا رووی دا ئەوە باشەو باسمان کرد ، وە ئەگەر کاتی ئەو دەرچوونە گشتیە نەهاتبێ ئەوە

ئەبێ ئەو قەومی یەئجووجو مەئجووجە بە هێرشێکی زۆر گەورە جارێکی تر بێن بە جیهاناو بە خراپەکاریو کوشتنو تالآن دنیا وێران بکەنەوە وەکو لە بازێ ریوایەتا هەیە کە دەرچوونیان رێکەوتی زەمانی هاتنەخوارەوەی حەزرەتی عیسا ئەکا ــ د ــ لە ئاسمانەوە بۆ زەوی ئیتر ئــەو تەرتیبــەو چۆنیەتیەکەی وا لە عیلمی خودادا ؛ چونکی لە ریوایەتی ئەبوسەعیــدی خدریدا ــ د ــ دەرئەکەوێ لە پاش دەرچوونی یەئجووجو مــەئجووج دنیا هەر بەردەوامەو عیبادەتو حەجی بەیتوڵلآ ئەکرێو حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی : (ليحجن البيت وليعتمرن بعد خروج ياجوج ومــاجوج)وە شێخ (معين‌الدينی چشتی) ــ خ ــ لەو کتێبەدا کە لە تەفسیری سوورەتی فاتیحەدا داینا‌وە لە تەفسیری (مالك يوم الدين)دا ئەفەرموێت : ئەو دە ئایەتە کە لە نیشانەی هاتنی قیامەتدا وارید بوون لە حەزرەتەوە ــ د ــ تەرتیبی ناویان بە صوورەتی قەطعی مەعلووم نەکراوە بۆمانو وان لە عیلمی خودادا٠



(افَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ يَتَّخِذُوا عِبَادِي مِنْ دُونِي أَوْلِيَاءَ ؟! إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلاً) (١٠٢)

ئایا گومان ئەبەن ئــەو کەسانە وا کوفری تەوحید ئەکەن کە بەندەکانی من یانی مەلائیکەکانو عوزەیرو مەسیح بگرن بە دۆستو یارمەتیدەر بۆ خۆیان ؟ ئەگەر ئەو گومانە ببەن ئەوە بە قەطعی سوودیان پێ‌نادا ؛ چونکی بە راستی ئێمە ئاگرو سزای دۆزەخمان ئامادە کردوە بە هۆی پەزیرایی بۆیان وەکو ئەو خواردەمەنیو مەشرووباتە ئامادە ئەکرێن بۆ میوان ٠

(قُلْ : هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالأَخْسَرِينَ أَعْمالاً (١٠٣)؟ : الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الحياةِ الدُّنْيـا وهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنونَ صُنْعاً (١٠٤) • اولائِكَ الَّذِينَ كَفَروا بِآياتِ رَبِّهِمْ ولِقائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمالُهُمْ ، فَلا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ وَزْناً (١٠٥) ذلِكَ جَزاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِما كَفَرُوا واتَّخَذُوا آياتِي ورُسُلِي هُزُواً) (١٠٦)

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە : ئایا حەز ئەکەن خەبەرتان پێ بدەین بەو کەسانە کە لە هەموو کەس زیانکارترن لە کردەوەکانیانا ؟ : ئەو کەسانە کە تێکۆشینیان لە ماوەی ژیانی دنیادا بەزایەچوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا گومان ئەبەن کە کردەوەی باش‌و بەسوود ئەکەن • بزانن ! ئەوانە ئەو کەسانەن کە کوفری ئایاتی خودای خۆیان ئەکەن‌و باوەڕیان بە قورئانی پیرۆز نیە ، هەروا باوەڕیان نیە بە گەیشتن بە خودای خۆیان لە رۆژی قیامەتا ، ئەوە هەرچی کردەوەیەکی بە دیمەن‌و باشـیان هەبێ هەمووی داکەوتوەو بێ‌نرخە ، کەوابێ لە رۆژی قیامەتا نرخ‌و کێشێ بۆ ئەوانە بڕیار نادەین‌و حوکم ئەمەیەو فەرمان وا دراوە کە تۆڵەی ئەو کوفری ئەوانـە دۆزەخە بە هۆی ئەو کوفرەوە کە کردوویانەو بە هۆی ئەوەوە ئایاتی قورئانی من‌و کتێبەکانی من‌و وجوودی پێغەمەرەکانی منیان کرد بە جێگەی گاڵتەو گوێیان پێ نەدان •

(إنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ كانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الفِرْدَوْسِ نُزُلاً (١٠٧) خالِدِينَ فِيهـا لا يَبْغُونَ عَنْهـا حِوَلاً) (١٠٨)

بە راستی ئەوانەیش کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە یەکیەتی خودای کردەوەی باشیان کردوە ئەوە ئەو بەهەشتە جوانانە کە ناو ئەبرێن بە (جنات الفردوس)کراوە بە پەزێرایی ، واتە بە هۆی ئاسایش‌و رابواردنی ئەوان وە هەتا هەتایە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا نایانەوێ بە هیچ جۆرێ لەو بەهەشتانە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر ؛ چونکی ئەوەندە لە لایان خۆشن بیر لەوە نەکەنەوە جێگە لەوە خۆشتر هەبێ لە جیهانی نەبڕاوەی قیامەتدا •

(قُلْ : لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَاداً لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَداً) (١٠٩)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەوانەی ئەیانەوێ تێبگەن لە راستی : ئەگەر ئاوی دەریا هەمووی مەرەکەب بێ بۆ نووسینی زانیاری خودای تەعالا لە بارەی ئەو عالەمانەوە ئەو دروستی کردوون‌و ئەحوالیان‌و لە بارەی شەریعەتەکان‌و پێغەمەرەکانەوەو، لە بارەی کردەوەی هۆشیارەکان‌و پاداشەکانیانەوە بە راستی ئاوی دەریا تەواو ئەبێ لە پێش ئەوەدا کە زانیاری خودا ببڕێتەوە ؛ چونکی ئەوان مەحدوودن‌و زانیاری خودا مەحدوود نیە ، بەڵکو ئەگەر ئاوی دەریاکان بکەی بە تك‌تك هەر تکێ لەوانە بەشی نووسینی ئەحواڵی خۆی ناکا چ جای ئەوە کە زانیاری خودا بنووسێ ، هەرچەند وەکو وێنەی ئەو دەریا مەوجودە زیادی بکەین لەگەڵیاو بیدەینە پاڵی •

(قُلْ : إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً) (١١٠)

جا مادام کــە بــە قسەکردن زانیاری خودا تەواو نابێ تۆ ، ئــەی خۆشەویست ، بفەرموو پێیان قسە زۆرەو لە نــاو ئەوانا ئەم دوو جوملە بەسوودە بۆتان •

یەکەم : ئەمە کە من ئادەمیزادێکم وەکو ئێوە فەرقمان نیە ئەمە نەبێ کە من وەحیم بۆ هاتوە کە خودای ئێوە یەك خودایەو هاوڕێی نیە ، یانی هەر ئەو (واجب الوجود)ەو هەر ئەو پەروەردگارەو هەر ئــــەو عیبادەتی بۆ ئەکرێ •

وە قسەی دووهەم ئەمەیە : هەر کەسێ هیوای هەیە بە گەیشتن بــە خودایو بە رەزای خودای خۆیو پاداشی باشی ئەو با هەمیشە هــــەر کردەوەی باشی موافیق لەگەڵ دیندا بکاو قەت لە عیبادەتکردنیا بۆ خودای خۆی کەس نەکا بە شەریکی ، وە ئەو عیبادەتە ساغو ساف بۆ خودای بکاو بەس •

سوپاس بۆ خودا لێبوومەوە لە نووسینی تەفسیری ســــوورەتی (الکهف) لە پێش نوێژی عەسری رۆژی سێشەمەی هەشتەمی مانگی (ذی القعدە)ی ساڵی هەزارو سێصەدو نەوەدو هەشتی کۆچی رێکەوتی هەزارو نۆصەدو حەفتاو هەشتی زایینی •

سوورەتی مەریەم (مەکی)یە ئایەتی ٥٨و٧١ نەبێ ئەوانە (مدنی)ن و سوورەتەکە ٩٨ ئایەتە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(كهيعص (١) ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (٢)

ئەم سوورەتە پیرۆزە کە بەو حەرفانە ناوبراوە باسی میهرەبانیکردنی خودای تۆیە لەگەڵ بەندەی ساغی خۆیا کە (زەکەریا)یە •

(إِذْ نادى رَبَّهُ نِداءً خَفِيّاً) (٣)

ئەو میهرەبانی خودایشە لە کاتێکدا بوو کە زەکەریا بانگی کرد لە خودای خۆی بە بانگکردنێکی پەنامەکی •

(قالَ : رَبِّ إِنِّي وهَنَ العَظْمُ مِنِّي واشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْباً) (٤)

(ولَمْ أَكُنْ بِدُعائِكَ ــ رَبِّ ! ــ شَقِيّاً)(٤)

بانگەکەی وەها کرد فەرمووی : ئەی پەروەردگاری من ــ من پیر بووم‌و ئێسقانی لەشم ــ کە کۆڵەکەی خانووی لەشە ــ سست بوەو مووی سەرم سپی بوەو وەکو چرا شەوق ئەداتەوە •

وەلحاڵ ئەی پەروەردگاری میهرەبانی خۆم من بە هۆی پاڕانەوەوە لە تۆ بۆ مەبەستەکانم لەمەوپێش دڵئازارو دەروون بێزارو مەبەس فەوتــاو نەبووم ، وە هەرکاتێ لێت‌پاڕاومەتەوە بە میهرەبانی تەماشای منت کردوەو ، ئێستەیش بەو هیواوە لێت ئەپاڕێمەوە •

(وإنّي خِفْتُ المَوالِيَ مِنْ وَرائِي وكانَتِ امْرَأَتِي عاقِراً ، فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيّاً(٥) يَرِثُنِي ويَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ ، واجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيّاً) (٦)

وە بە راستی من ترس‌و بیمم هەیە لە خزمەکانم کە لە پاش من ئەمێننەوە بیمی ئەوەم هەیە ئەم خانەدانی نوبوەت‌و ریسالەت‌و خزمەتی دینە بکەن بــە خانەدانی هەرزەکاری‌و ئارەزووبازی‌و یاسای باوك‌و باپیرەی خۆیان تێك بدەن • وە ژنەکەیشم نەزۆکە ، تا ئێستە منداڵی نەبوە ، جا تکا ئەکەم‌و لــە بارەگای ئیحسانی تۆدا ئەپاڕێمەوە لە کەرەمی خۆت منــــداڵێکی خاوەن شوعوورو نوورو کەمالم پێ ببەخشە هەتا ئەم پایەو سایەی رەهبەرییە لــە ئێمە وەربگرێ لەگەڵ ئەو دین‌و ئایین‌و زانیاری نەسل‌و نەتەوەی یەعقووبەو تەربیەو تەمێی وەها بکە بیکەی بە ئینسانێ کە جێگەی رەزامەندی خۆت بێ لە وتارو کردارا •

(يا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلامٍ اسْمُهُ يَحْيي لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ قَبْلُ سَمِيّاً) (٧)

جا لە لایەنی ئێمەوە وەڵامی بانگەکەی دراوە بە قەبووڵو پێمانوت : ئەی زەکەریا موژدەت پێئەدەین بە پەیدابوونی منداڵێکی تێرینە کە نـاوی یەحیایەو لە پێش ئەم چەرخەدا هاوناومان بۆ دانەناوەو هاوناوی نەبوە •

(قالَ : رَبِّ اَنَّى يكونُ لِي غُلامٌ ؟ وكانَتِ امْرَأَتِي عاقِراً ، وقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الكِبَرِ عِتِيّاً !) (٨)

ئەویش ، لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕی بە خودای خۆی قایم بو کـە ئەتوانێ هەر شتێ خواستی لەسەری بێ بیکا ، وتی : خودایە ! نازانم من چۆن منداڵم ئەبێ ؟ ژنەکەم تا ئیستە نەزۆك بوەو خۆیشم لەبـــەر پیری گەیشتووم بە حاڵی وشکەوەبوونی جمگەکانی لەشم !

(قال :)

فریشتەی وەحی ، یا هەر خودای تەعالا خۆی لە وەڵامی زەکەریادا فەرمووی •

(كذلِكَ قالَ رَبُّكَ)

ئاوای فەرموو خودای تۆ کە لە موژدەکەدا حاڵی بووی •

(هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ)

بەخشینی ئەو کوڕە بە تۆ لەم تەمەنەدا کە تۆ پیری و ژنەکەیشـــت نەزۆکە زۆر ئاسانە لەسەر من و من موحتاجی ئەسباب نیم •

(وقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ قَبْلُ ولَمْ تَكُ شَيْئاً) (٩)

وە من تۆم لە نەبوون دروستکردوە لەمەوپێش و لەو کاتەدا تۆ هیچ نەبووی •

واتە وەکو تۆوی باوك و دایکی تۆم لە نەبوون دروستکردو کردم بە هۆی پەیدابوونی تۆ ، کەچی تۆ لەو کاتەدا نەبووی •• وەها ئەتوانم مادەی وجوودی یەحیا لە پشتی تۆو لە سنگی دایکیا دروست بکەم و بیانکەم بــە هۆی وجوودی ئەو •

(قالَ : رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً)

جا کاتێ زەکەریا حاڵی بو کە شتەکە بڕیار دراوە عەرزی بارەگای خودای کردو وتی : خوایە نیشانەیەکم بۆ دیاری بکە لەسەر کاتی پەیدابوونی ئەو کوڕە •

(قالَ : آيَتُكَ ألاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاثَ لَيالٍ سَوِيّاً) (١٠)

خودای تەعالا وەڵامی دایەوەو فەرمووی : نیشانەی پەیدابوونی ئەمەیە کە بە بێ ناساغی و نەخۆشی حاڵێکت بەسەرا دێ سێ ڕۆژو سێ شـــــەو نەتوانی قسە بکەی لەگەڵ خەڵکدا لەگەڵ ئەوەیشدا زمانت ڕەوانە بۆ نوێژو پاڕانەوە لە خودای خۆت •

(فَخَرَجَ على قَوْمِهِ مِنَ المِحْرابِ فأوْحى إليْهِمْ : انْ سَبِّحوا بُكْرَةً وعَشِيّاً) (١١)

واته كاتێ ئه‌و نیشانه هات به‌سه‌ریا له عیباده‌تخانه‌كه‌ی خۆی هاته‌ده‌ره‌وه بۆ لای په‌یڕه‌وه‌كانی‌و به ئیشاره تێیگه‌یاندن كه سێ شه‌وو ڕۆژ به‌یانی‌و ئێواره نوێژ بكه‌ن‌و ته‌سبیحاتی خودا بكه‌ن تا من له‌م موناجاته ڕزگار ئه‌بم •

(يا يَحْيى خُذِ الكِتابَ بِقُوَّةٍ ، وآتَيْناهُ الحُكْمَ صَبِيّاً)(١٢)


واته له‌و سه‌رده‌مه‌دا یه‌حیا له دایك بوو ئێمه‌یش بانگمـان لێ‌كرد ، وتمان : ئه‌ی یه‌حیا كتێبی دین‌و ئایینی خۆتان كه تـه‌وراته وه‌ری‌بگرن‌و تێی‌بگه به هه‌موو هێزی دڵ‌و ده‌روونی خۆت‌و هه‌ر له كاتی منداڵیدا عه‌قڵ‌و حیكمه‌تمان پێدا •

(وحنَاناً مِنْ لَدُنّا وزَكاةً وكانَ تَقِيّاً (١٣) وبَرّاً بِوالِدَيْهِ ولَمْ يَكُنْ جَبّاراً عَصِيّاً) (١٤)

وه میهره‌بانی‌و دڵنه‌رمیمان پێدا نیسبه‌ت به باوك‌و دایك‌و خزم‌و بێگانه‌و پاكی نه‌فسمان پێداو ئینسانێ بو خاوه‌ن پارێز له تاوانباری هه‌روا چـاك كرده‌وه له‌گه‌ڵ باوك‌و دایكیاو ئینسانێكی خاوه‌ن جه‌برو تاوانبار نه‌بو •

(وسَلامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وَلِدَ ويَوْمَ يَموتُ ويَوْمَ يُبْعَثُ حَيّاً) (١٥)

وە سەلامەتی‌و هێمنی نازڵ بێتە سەری لە لایەنی ئێمەوە لەو ڕۆژەدا لە دایك بوەو لەو ڕۆژەدا ئەمرێ‌و لەو ڕۆژەدا لە گۆڕ هەڵئەستێنرێ بە زیندوویی ، واتە شەیتان زاڵ نابێ بەسەریا لە پاش ئەوە کەوتە دنیاوەو سزا نادرێ لە گۆڕاو ئازار نابینێ لە ڕۆژی حەشرا •



(واذْكُرْ في الكِتابِ مَرْيَمَ اِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ اَهْلِها مَكاناً شَرْقِيّاً) (١٦)

وە لە قورئانی پیرۆزا باسی مەریەمی کچی عیمران بکە لەو کاتەدا کە کەناری گرت لە خزم‌و پوورو پوورزای لە شوێنێکی وادا کە لە خۆرهەڵاتی (بيت المقدس)دا بو •

(فَاتَّخَذَتْ مِنْ دونِهِمْ حِجاباً)

وە لەو شوێنەدا پەردەیەکی داگرت لە بەینی خۆی‌و خەڵکا بۆ ئەوە خۆی بشۆرێ •

(فَأَرْسَلْنا إِلَيْها روحَنا ، فَتَمَثَّلَ لَها بَشَراً سَوِيّاً) (١٧)

وە لەو کاتەدا ئێمە ئەو فریشتە کە لە ئەمری ئێمە دروستکراوە ، کە جوبرەئیلە ، ناردمان بۆ لای مەریەم ، ئەویش ڕۆیشت‌و لە بەرچاویا دەرکەوت وەکو ئینسانێکی ڕێك‌و جوان •

(قالَتْ : اِنّي اعوذُ بِالرَّحْمنِ مِنْكَ اِنْ كُنْتَ تَقِيّاً) (١٨)

ئەویش زۆر دڵگران بوو لە دەرکەوتنی ئەو زەلامە لەو شوێنەدا کە بە بێ ئاگاداری ئەو هاتوە لەوێدا راوەستاوەو پێی فەرموو : ئەگــــەر تــۆ ئینسانێکی خاوەن دینو خاوەن پارێزی من پەنا ئەگرم بە خودا لە بوونی تۆ لەم شوێنەداو لەم کاتەدا ، چونکی لەو شوێنەو لەو کاتەدا راوەســـتانی ئینسانێ دوور نیە لە عەیب •

(قالَ : اِنَّما أَنَا رَسولُ رَبِّكِ لِاَهَبَ لَكِ غُلاماً زَكِيّاً)(١٩)

جا جوبرەئیل لە جوابی ئەو پەناخوازیەدا پێی فەرموو : من لەوانە نیم کە تۆ لێی بترسی ، بەڵکو من لە فریشتەی پاکمو فورستادەی خودای تۆم، ئەو خودایە کە هۆی تەقواو طاعەتی بۆ تۆ دروستکردوەو تۆی گەیاندوەتە ئەم پایە ، وە لە بەر ئەوەیش ناردوومی کە کوڕێکی پاكو دڵپاكو رۆحپاکت پێ ببەخشم •

(قالَتْ : اَنَّى يَكونُ لِي غُلامٌ ولَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ولَمْ اَكُ بَغِيّاً ؟!) (٢٠)

جا مەریەم فەرمووی : چلۆن لەوانەیە منداڵم لێ ببێو تا ئیستە هیچ ئادەمیزادێ دەستی نەگەیشتوە بە من بە یاسای داخوازی جینسی بە شێوەی دینو قەت من لەوانەیش نەبووم بە شێوەی خیلافی دین بگەم بە پیاوو پیاو بگا بە من •

(قالَ) :

جوبرەئیل فەرمووی :

(كذلِكِ قالَ رَبُّكِ)

هەر وەهای فەرموە خودای تۆ کە من ئەو منداڵەت پێببەخشم • وە فەرموویەتی :

(هُوَ عَليَّ هَيِّنٌ)

بەخشینی ئەو منداڵە بە لای منەوە ئاسانە •

(ولِنَجْعَلَهُ آيَــةً لِلنَّــاسِ ورَحْمَـــةً مِنَّا وكانَ اَمْــراً مَقْضِيّاً) (٢١)

وە ئەو منداڵەت پێئەبەخشین بۆ ئەوە بیکەین بە هۆی بڵاوکردنەوەی رەحمەتو میهرەبانی خۆمان لە ناو جیهانا لەبەر ئەوە کـــە ئەیکەن بـــە فوروستادەی خێرو هێمنی وە ئەم کارە قەزاو قەدەری ئێمە بڕیاری داوە •

(فَحَمَلَتْهُ فانْتَبَذَتْ بِهِ مَكاناً قَصِيّاً) (٢٢)

کاتێ جوبرەئیل ئەو قسانەی کرد بۆ مەریەم فووی کرد بـــە بەرۆکی کراسەکەیاو لەبەر چاویا ون بوو، مەریەم سکی بوو بەو غولامە پاکە کـــە بریتیە لە عیسای مەسیح ــ د ــ وە لە پاش رابوردنی ماوەی سکی عادەتی، وە یا هەر لە عەینی کاتا ، وەکو لە بازێ ریوایەتا هەیە ، مەریەم دوورکەوتەوە بەو سکەی بۆ شوێنێکی دوور لە مەنزڵو ماوای خۆی ، وە ئەم ریوایەتـــە موافیقە لەگەڵ ئایەتی (ان مثل عیسی عند الله کمثل آدم) •

(فاَجاءَها المَخاضُ إلى جِذْعِ النَّخْلَةِ ، قالَتْ : يا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هذا وكُنْتُ نَسْياً مَنْسِياً) (٢٣)

وە پاش ئەوە کە لە ماڵو مەنزڵی خۆی دوورکەوتەوە ژانی لێهاتو ئەو ژانە بوو بە هۆی ئەوە کە بڕوات بۆ باخێکی نزیکی ئەو جێگە یە ، وە لەو باخەدا چوە پاڵ دارخورمابەڵکو لە بەر شەرمی خۆی لەم وەزعە نائاسابیە وتی : کاشکی پێش ئەم رووداوە بمردایەمو لە بیربچوایەمەوەو کەس نـاوی نەزانیایەم •

(فَناداها مِنْ تَحْتِها : ألاّ تَحزَني قَد جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيّاً) (٢٤)

وە لەو شوێنەدا عیسا لەدایكبوو لە ژێر داوێنیەوە بانگی کردو وتی : خەفەت مەخۆ خودای تەعالا لە ژێری داوێنەی تۆوە ئینسانێکی خاوەنپایەی دروستکردوە ، وەکو خۆی بێ ، وە یاخود لە خواری ئەم جێگەی دانیشتنی تۆیەوە جۆگە ئاوێکی دروستکردوە بۆ ئەوە ئاوی لێ بخۆیتەوە •

(وهُزّي إليْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُساقِط عَلَيْكِ رُطَباً جَنِيّاً (٢٥) فكُلي ، واشْرَبي ، وقَرّي عَيْناً ؛ فإمّا تَرَيِنَّ مِنَ البَشَرِ أحَداً فَقُولِي : إنّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمنِ صَوْماً ، فَلَنْ أُكَلِّمَ اليَوْمَ إنسِيّاً) (٢٦)

وە ئەو لقە دارخومایە بەرەو لای خۆت بجووڵێنەرەوە هەتا خورمایەکی تەڕو تازەی وا کە شیاوی ئەوە بێ ئینسان بیچنێتەوەو بیخوا •• داوەرێنێ

بەسەرتا • جا لەو روطابە شیرینەی طەبیعەت گەرمەی باش بۆ ژنی زەیسانە بخۆ ، وە لەو ئاوە سافە رەوانە بخۆرەوە ، وە چاویشت رۆشن بکەرەوە بەم کورە جوانەو دڵخۆش ببە بەم موعجیزە گەورانە کە چاوت پێیان کەوت : بە بێ گەیشتن بە پیاو سکت بوو بە منەوە ، بە بێ مامانو بێ زەحمەت منداڵت بو ، لەم چەرخەدا کە زستانە لە بەردەمتا ئاوێکی سافی رەوانو خورمـای تەڕی جوان لە بەردەمتا پەیدا بو ، وە بە کەمتر دەستبۆبردنێکی تۆ ئـەو دارخورما وەها کەوتە تەکان خورماکەی لێهەڵوەری بەسەرتا ، وە خودا منیشی هێنایە وتار لەگەڵتا لەم حاڵەدا هەتا دڵت دابمەزرێ ، وە هەسـتە بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆتو هەڵم بگرە لە باوەشی خۆتاو ، کاتێ ئادەمیزادێکت چاو پێکەوتو ویستی قسەت لەگەڵا بکا تۆ تێیبگەیەنە : من نەزرم کردوە لەسەر خۆم خامۆشیو بێدەنگی بۆ خودای خۆم کـە زۆر میهرەبانەو میهرەبانی لەگەڵ مندا کردوەو بە هیچ شێوەیێ ئیمڕۆ قسە ناکـەم لەگەڵ هیچ ئادەمیزادێکدا •

(فأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ ، قالُوا : يا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئاً فَرِيّاً !)) (٢٧)

کاتێ کە حەزرەتی عیسا ـ د ـ ئەم قسانەی لەگەڵ دایکیا کرد دڵی خۆش بوو عیسای هەڵگرت لەگەڵ خۆیا هێنایەوە بۆ ناو خزمو خوێشەکەی، کاتێ گەیشتەوە لایان چاویان کەوت بە مەڵۆتکەیێ بە باوەشیەوە ! وتیان : ئەی مەریەم شتێکی نائاسایيو نابارت هێناوە !

(يا اُخْتَ هارونَ ! ما كانَ أبوكِ امْرَءَ سَوْءٍ ، وما كانَتْ اُمُّكِ بَغِيّاً !) (٢٨)

ئەی خوشکی هاروونی برای موسا لە بەندەیی‌و شەونوێژا (واتە وێنەی ئەو) باوکی تۆ پیاوی کردەوە خراپ نەبوو ، دایکیشت ژنێکی داوێن‌پیس نەبوو تۆ چۆن لە یاسای باوك‌و دایکی خۆت لاتداو ئەم مندالەت چۆن گرت بە باوەشتەوە !

(فَأَشارَتْ إلَيْهِ ! قالُوا : كَيْفَ نُكَلِّمُ مَنْ كانَ فِي المَهْدِ صَبِيًّا ؟!) (٢٩)

وە مەریەم ئیشارەی کرد بۆ لای عیسا کە لەو بپرسن ! ئەوانیش بە سەرسوڕمانەوە وتیان : چۆن قسە لەگەڵ منداڵێکی بەربێشکەدا بکەین !؟

(قالَ : إنِّي عَبْدُ اللهِ آتانِيَ الكِتابَ وجَعَلَنِي نَبِيًّا (٣٠) • وجَعَلَنِي مُبارَكاً أيْنَما كُنْتُ ، وأوْصانِي بِالصَّلاةِ والزَّكاةِ ما دُمْتُ حَيًّا (٣١) وبَرًّا بِوالِدَتِي ولَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّاراً شَقِيًّا (٣٢) ، والسَّلامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدْتُ ويَوْمَ أمُوتُ ويَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا) (٣٣)

جا حەزرەتی عیسا ــ د ــ هاتە وەلام‌و فەرمووی : بە راستی من بەندەی خودام کە بڕیاری داوە کیتابم بداتێ (واتە ئینجیل)و کردوومی بە پێغەمەر لە عیلمی خۆیاو ، پیرۆزو خاوەن پیرۆزی کردووم لە هەر شوێنێکدا بم ، لە عەرزا یا لە عاسمانا ؛ وە فەرمانی پێ‌داوم کە نوێژ بکەم‌و زەکاتی دارایی بدەم کاتێ بووم هەتا زیندوو بم ، وە خاوەن چاکەو خێرۆمەند بم لەگەڵ دایکی خۆما (مەریەمی عەذراء) وە نەیکردووم بە ئینسانێکی خاوەن

دەمارو ستەمگارو شەقاوەتبار ، وە درووودی خودا لەسەرمە ، وە یا هێمنی هاتوە بۆم لە شەیتانو تاوانو تاوانباران لەو رۆژەدا لە دایکبووم و لەو رۆژەدا ئەمرم (واتە کەس رایەی ناکەوێ من بکوژێو بسکا بە دارا)وە لەو رۆژەدا لە قەبر هەڵئەسێنرێمو زیندووئەکرێمەوە •

(ذلِكَ عِيسى ابْنُ مَرْيَمَ ، قَوْلَ الحَقِّ الذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ) (٣٤)

ئەم زاتە کە باسمان کردو باسی دایکیو ئەوەڵی پەیدابوونی بە فووی فریشتەی خوداییو لەدایکبوونیو قسەکردنو دڵخۆشیدانەوەی دایکیو بردنەوەی بۆ ناو خزمو پەیوەندی •• کرا بۆتان لەگەڵ ئیعلانی ئەوەدا کە ئەبێ بە پێغەمەری خاوەن کتێبو پیرۆزی •• ئەوە عیسای کوڕی مەریەمی کچی عیمرانە ، وە ئەم جوملە وترا بۆتان بە وتنێکی راستی ساغی وا کە بەردڵی کافرەکان ئەگرێ ، وە گاورو جوولەکەکان گومانیان هەیە تیایاو ، هاوردوبردی تیا ئەکەنو ، بازێ ئەڵێن : پیاوێکی جادووگەر بوەو بازێ ئەڵێن کوڕی خودا بوەو ، بازێ تر ئەڵێن بەندە بوە •

(ما كانَ للهِ انْ يَتَّخِذَ مِنْ وَلَدٍ ـ سُبْحانَهُ ! ـ إذا قَضَى أمْراً فَإنَّمَا يَقُولُ لَهُ : كُنْ ! فَيَكُونُ) (٣٥)

بۆ زاتی (واجب الوجود)ی بێ نوقسان ناشێ کە ئەولاد بۆ خۆی رابگرێ ، خودا پاکە لەوە ؛ چونکی خودا ئەوەندە تەوانایە هەر کاتێ خواستی لەسەر شتێ بێ هیچ نیە لەوێداو هیچی پێ ناوێ ئەوەنە نەبێ کە

بفەرموێ : ببەو ئەویش ببێ • جـا خودایێ وا تەوانابێ کوڕی ناوێ ، وە یاخود ئەگەر ئەولادی بویستایێ بە زوویی دروســـتی ئەکردو ئیتـر پێویستی نەبو بەوە لە ئادەمیزادێکی مێینەدا بە سەبەبێ لە ئەسباب پەروەردەی بکا بە ژانو مەرارەتو ئازار داینێ •

(وإِنَّ اللهَ رَبِّي ورَبُّكُمْ فاعْبُدوهُ ، هـــذَا صِـــراطٌ مُستَقِيمٌ) (٣٦)

وە عیسا ـ د ـ وەکو قسەپێشوەکانی فەرمو ئەمەیشی فەرموو : کە بە راستی ئەو زاتە کە ناوی ئەڵڵایە ئەوە پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەیشە ، دەی عیبادەتی بۆ بکەنو بیپەرستن ، ئەمەیە رێگەی راســتو باوەڕی ساغ بۆ ئادەمیزادی هۆشیار •

(فاختَلَفَ الاَحزابُ مِنْ بَيْنِهِمْ)

جا کۆمەڵەکانی ئەو چەرخە لە ناو خۆیانا هاتن بەیەکاو شۆڕو غەوغا کەوتە بەینیانەوە ، واتە جوولەکەکان بە جارێ ئینکاری هەموو قودسیەتێکیان لێکردو گاورەکان باوەڕیان بەوە کرد کـــە ئـــەم کوڕە پاکو پاکزادو پاکنەژادەو لە پاشەڕۆژا ئەبێ بە پیاوێکی خاوەن هیمەتو قیمەتو حیکمەتو ئەگا بە پایەی پێغەمەرێتی •

وە یاخود تاقم تاقمەکانی گاورەکان لە ناو خۆیانا ئیختیلافیان پەیدا کرد : تاقمی نەستووریەکان وتیان : ئەم زاتە کوڕی خودایە • یەعقوو بیەکان وتیان : نەخەیر هەر ئەمە خودایەو لە ئاسمانەوە هاتوەتەخوارەوە بۆ ســەر

زەوی • مەلکانیەکانیش وتیان : نە خودایەو نە کوڕی خودایە ، بەلکو بەندەیەکە لە بەندەکانی خوداو بە میهرەبانی خۆی ئیختیـــاری کردوەو هەلیبژاردوە بۆ پایەی رەهبەریو پێغەمەریو ناردوویەتی بۆ رێنومایییو تەمێکردنی بەنیئیسرائیل •

(فوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ مَشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ) (٣٧)

جا هاوار بۆ حالی ناهەمواری ئەوانەی کە کافر بوون ، واتە هەر لــە بناغەدا باوەڕیان پێنەکرد ، یاخود کافر بوون لەبەر ئەوە کە باوەڕیان وابو عیسا خودایە یا کوڕی خودایە ، هاوار بۆ ئەوانە لە کاتی حازربوونیانا لــە رۆژێکی گەورەی وەهادا کە لە پێش هاتنی ئەودا دلی ئینسان لە ترســـا مات ئەکا •

(اَسْمِعْ بِهِمْ واَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتونَنَا)

ماشەللا لەو رۆژەدا کە عالەمی تێدا گردئەبێتەوە چەندێك ئەم کافرانە باش دەنگی فریشتەی خوداو واوەیلای خەلك ئەبیسنو ، چەندێك چاویان ئەکەوێ بەو کافرانە کە بە زۆرو زەجر گردئەکرێنەوە لە مەحشەرا ، بــەلام ئیمڕۆ وەها نین وەکو خودا ئەفەرموێت :

(لكِنِ الظَّالِمونَ اليَوْمَ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ) (٣٨)


بەلام ئەو کافرە ستەمکارانە لەم مالی دنیادا وان لە گومڕاهیــــــەکی تەواودا •

(وانْذِرْهُمْ يَوْمَ الحَسْرَةِ إذْ قُضِيَ الامْرُ ، وهُمْ فِي غَفْلَةٍ ، وهُمْ لا يُؤْمِنُونَ) (٣٩)

وە ئەو کافرانە بترسێنە لە هاتنی رۆژی داخو حەسرەت لەو کاتەدا کە ئیش هەموو ئەبڕێتەوەو ئەهلی دۆزەخ جیائەکرێنەوە لە ئەهلی بەهەشت ، بەلام ئەو کافرانە ئیستە وان لە حاڵەتی بێئاگاییو نەفامیدا لە وەزعی ئەو رۆژە ئەوانە بە هیچ شێوەیێ ئیمان بەو رۆژە نایەنن •

(إنَّا نَحْنُ نَرِثُ الارْضَ ومَنْ عَلَيْها ، وإلَيْنا يُرْجَعونَ) (٤٠)

ئێمە بە راستی هەموو ئەم زەویە بە میرات وەرئەگرین • بستێکی پەیوەندی بە کەسەوە نامێنێو ئەوانەی وان لەسەر زەوی هەر ئەبن بە بەندەی ساغو بە هیچ جۆرێ دەستەلاتیان نامێنێ ، وەکو ئەو کاتە نابن کە وان لە دنیادا خزمەتکارو بەردەستیان هەیە ، وە هەموویان بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە •



(واذْكُرْ فِي الكِتابِ إبْراهِيمَ ، إنَّهُ كانَ صِدِّيقاً نَبِيّاً) (٤١)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ باسی ئیبراهیمی خەلیل بکە لەم قورئانەدا ، بە راستی ئیبراهیم ئینسانێکی راست وتارو راساڵ بو لە کرداراو بە راستی پێغەمەرو خاوەن پایە بوو •

(إِذْ قالَ لِأَبِيهِ : يا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ ما لا يَسْمَعُ ولا يُبْصِرُ ولا يُغْنِي عَنْكَ شَيْئاً ؟!) (٤٢)

لەو کاتەدا کە فەرمووی بە باوکی : ئەی بابە تۆ بۆچی بەندەیی ئەکەی بۆ شتێکی وەها کە هیچ نابیێو هیچ نابینێو هیچ قازانجێ بە تۆ نادا ؟!

(يا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جاءَنِي مِنَ العِلْمِ ما لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِراطاً سَوِيّاً) (٤٣)

ئەی باوکی خۆم بە راستی من زانستێکی وەهام بۆ هاتوە کە بۆ تۆ نەبوەو نەهاتوە دەی بکەوەرە شوێن منو پەیڕەوی من بکە هەتا شارەزات بکەم بۆ رێگەیەکی راست •

(يا أَبَتِ لا تَعْبُدِ الشَّيْطانَ ، إِنَّ الشَّيْطانَ كانَ لِلرَّحْمنِ عَصِيّاً) (٤٤)

ئەی باوکی من بەندەیی بۆ شەیتان مەکە بە راستی شەیتان بەرابەر بە خودای میهرەبان یاخیو نافەرمان بوە •

(يا أَبَتِ إِنِّي أَخافُ أَنْ يَمَسَّكَ عَذابٌ مِنَ الرَّحْمنِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطانِ وَلِيّاً) (٤٥)

ئەی باوکی من بە راستی من ئەترسم لەوە سزایێ لە لایەنی خودای میهرەبانەوە لێت بدا جا ببی بە دۆستی شەیتان •

(قالَ : أَراغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يا إبْراهِيمُ !)

جا باوكی ئیبراهیم به ناڕه‌زاییه‌وه پێی وت : ئایا تۆ لات داوه له به‌نده‌یی خوداكانی من‌و ئاره‌زووت له به‌نده‌یی ئه‌وان نیه ؟

(لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ لأَرْجُمَنَّكَ)

وه‌ڵلاهی ئه‌گه‌ر له‌م قسانه ده‌سبه‌ردار نه‌بی به ڕاستی من ته‌ركت ئه‌كه‌م•

(واهْجُرْنِي مَلِيّاً) (٤٦)

ده بڕۆ لاچۆ لێم دووربكه‌وه‌ره‌وه زه‌مانێكی زۆر به‌ڵكو به‌وه بێیته‌وه بۆ سه‌ر هۆشی خۆت •

(قالَ : سَلامٌ عَلَيْكَ ، سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي ، إنَّهُ كانَ بِي حَفِيّاً) (٤٧)

جا حه‌زره‌تی ئیبراهیم به‌رابه‌ر به باوكی‌و به‌م وتاره نابار‌ه خۆی تێك نه‌داو فه‌رمووی : بابه سـلاوت لێ بێ ، قه‌ی ناكا له‌مه‌ولا من داوای تاوانبه‌خشیت بۆ ئه‌كه‌م له خودای په‌روه‌ردگار ، به ڕاستی خودای ته‌عالا به‌رابه‌ر به من میهره‌بانه‌و دۆعاو تكام قه‌بووڵ ئه‌كا •

(وأَعْتَزِلُكُمْ وما تَدْعونَ مِنْ دونِ اللهِ وادْعُو رَبِّي ، عَسى أَلاَّ أَكونَ بِدُعاءِ رَبِّي شَقِيّاً) (٤٨)

وە ئیتر لێتان‌دوور ئەکەومەوە لە خۆتان‌و لەو بتانەیش کە ئەیانپەرستن بێجگە لە خودای پەروەردگار ، وە هەر بانگ لە خودای خۆم ئەکەم هیوام وەهایە کە بە هۆی بانگکردن لە خودای خۆمەوە دۆعا رەدنەکراوە بم •

(فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلاًّ جَعَلْنَا نَبِيّاً) (٤٩)

جا کاتێ ئیبراهیم گۆشەی گرت‌و دوورکەوتەوە لەو تاقمەو لەو بتانە کە ئەوان بێجگە لە خودا بەندەییان بۆ ئەکردن ئیســـــحاقم پێ بەخشی‌و یەعقووبیش کە کوڕی ئیسحاق بو ؛ چونکی کوڕەزایش هەر کوڕی باپیرەیەو یەکە یەکەی ئەم دوو زاتەمان کرد بەپێغەمەری خۆمان •

(وَوَهَبْنَا لَهُمْ مِنْ رَحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيّاً) (٥٠)

وە بازێ لە رەحمەت‌و پیرۆزیمان پێ‌بەخشین‌و کردمانن بە گەورەو زمانی راستی خەڵکمان کردەوە بۆیان زمانێکی بەرزی بە حورمەت ، واتـــە وەها مەشهوورمان کردن بە باش لە ناو کۆمەڵە ئادەمیزادی ئەو چەرخـــەدا کە هەموو ئینسانێکی دیاری باسی پایەو کردەوەی باشی ئەوانی ئەکرد •



(وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى ، إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصاً وَكَانَ رَسُولاً نَبِيّاً) (٥١)

وە لە قورئانا باسی موسای کوڕی عیمران بکە لە بەنیئیسرائیل ، بە راستی کە ئەوە زاتێکی پاڵفتە بوو بە تاقیق پێغەمەرێ بو کە شانی بەرز بو ، وە لە لایەنی خوداوە پایەی نوبوەتیشی هەبو •

(ونادَيْناهُ مِنْ جانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ)


وە لە لای راستی کێوی طوورەوە بانگمان لێکرد •

(وقَرَّبْناهُ نَجِيّاً) (٥٢)

وە نزیکمان کردەوە لە خۆمان لە حاڵێکدا گفتوگۆی لەگەڵ منـــدا ئـەکرد •

(ووَهَبْنا لَهُ مِنْ رَحْمَتِنا أَخاهُ هارونَ نَبِيّاً) (٥٣)

وە پێمانبەخشی بە میهرەبانی خۆمان هاروونی برای بە پێغەمەرایەتی، واتە کردمان بە پێغەمەر لەبەر خاتری ئەو •




(واذْكُرْ فِي الكِتابِ إِسْماعِيلَ ، إِنَّهُ كانَ صادِقَ الوَعْـدِ وكانَ رسولاً نَبِيّاً) (٥٤)

وە باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکە لە قورئانا ، وە زاتی وەهـا شیاوی باسکردنە ، بە راستی ئینسانێکی وەعدەبەجێهاوەر بو ، هـەروا

وادەیەکی بە هەر کەسێ ئەدا وەفای پێ ئەکرد ، بەسە بۆ بەڵگە لەسەر ئەم قسە ئەوە کە وەعدەی دا بە باوکی کە صەبر ئەکا لەسەربڕینیاو لە کاتی خۆیا هات بە بێ دوودڵیو راکشاو سەری خستە بەر دەستی باوکی بۆ ئەوە سەری ببڕێ ، وە فوروستادەی خودا بو بۆ سەر عەرەبو خاوەنی پایەی پێغەمەری بوو بەڵام ئەو شەرعە کە ئەو رەفتاری پێئەکرد هەر ئەو دە صەحیفە بوون کە هاتبوونە خوار بۆ باوکی خۆی ؛ چونکی شــەرتی رەســوون ئەمەیە شەرعێکی ببێ کە رایگەیەنێ بە خەڵك خواه ئەو شەرعە سەربەخۆ بۆ خۆی هاتبێ وە یاخود شەرعێ بێ کە لە پێشا نازڵ بوە بۆ پێغەمەری پێشوو •

(وكانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلاةِ والزَّكاةِ ، وكانَ عِنْدَ رَبِّهِ مَرْضِيّاً) (٥٥)

وە حاڵی وەها بو کە هەمیشە ئەمری ئەکرد بە ژنو منداڵو خادمانی نوێژ بکەنو زەکاتی ماڵ بدەن وە لە لای خودا ئینسانێکی وا بو بیرو وتارو رەوشتی جێگەی رەزای خودای تەعالا بو •



(واذْكُرْ فِي الكِتابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كانَ صِدِّيقاً نَبِيّاً)(٥٦)

وە لە قورئانا باسی ئیدریس بکە کە کوڕەزای شیثی کوڕی حەزرەتی ئادەم بو ، وە سێ صەحیفەی بۆ هاتبوو لە لایەنی خوداوەو بە راســـتی ئینسانێکی خاوەن راستی بو لە هەموو وتاری خۆیاو خـــاوەنی پایەی پێغەمەری بوو یەکەم ئینسانێ بو کە بە خامە نامەی نووسی • وە تەماشای ئەحواڵی ئەستێرەکانی کردو حسێبی شەوو رۆژو وەرزکانی ساڵی راگرت •

(ورفَعْناهُ مكاناً عَلِيّاً) (٥٧)

وه به‌رزمان كردووه بۆ پایه‌یه‌كی به‌رز كه نزیكیه له خودا یا بۆ شوێنێكی به‌رز كه ئاسمانی شه‌شه‌مه یا چواره‌م بینا له‌سه‌ر ئه‌وه كه ئه‌م زاته تا ئیسته زیندوه • وه ئیبن‌و ضه‌حاك ته‌فسیری ئه‌و جێگه‌ی به ئاسمانی شه‌شه‌م كردوه‌ته‌وه • وه ئه‌نه‌سی كوڕی مالیك‌و ئه‌بو سه‌عیدی خدری به ئاسمانی چواره‌میان ته‌فسیر كردوه‌ته‌وه •

(اولئِكَ الَّذِينَ اَنْعَمَ اللهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّنَ مِنْ ذُرِّيَّةِ آدَمَ ، وممَّنْ حَمَلْنا مَعَ نُوحٍ ،ومِنْ ذُرِّيَّةِ إبْراهِيمَ وإسْرائِيلَ ومِمَّن هَدَيْنا واجْتَبَيْنا ، إذا تُتْلى عَلَيْهِمْ آياتُ الرَّحْمنِ خَرُّوا سُجَّداً وبُكِيّاً) (٥٨)

ئه‌م پێغه‌مه‌رانه كه باسمان كردن له حه‌زره‌تی زه‌كه‌ریاوه تا ئێره ئه‌وانه كه‌سانێكن كه خودای ته‌عالا نیعمه‌ت‌و به‌خششی پێداون له پێغه‌مه‌رانی خاوه‌ن پایه ، له نه‌ته‌وه‌ی ئاده‌م ـ د ـ كه هه‌موویان ئه‌گرێته‌وه به تایبه‌تی حه‌زره‌تی ئیدریس وه له نه‌ته‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی كه له كه‌شتیه‌كه‌دا هه‌ڵگرتن له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تی نوحدا وه‌كو هه‌موویان‌و به تایبه‌تی ئیبراهیم ، وه له نه‌ته‌وه‌ی ئیبراهیم وه‌كو باقیه‌كان وه به تایبه‌تی ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یه‌عقووب‌و نه‌ته‌وه‌ی ئیسرائیل وه‌كو موساو هارون‌و زه‌كه‌ریاو یه‌حیاو عیسا ـ د ـ • وه له جومله‌ی ئه‌و كه‌سانه كه ئێمه به عینایه‌تێكی تایبه‌تی هیدایه‌تمان دان‌و شاره‌زامان كردن بۆ رێگه‌ی خوداناسی‌و خۆناسی‌و خه‌ڵك ناسین ، وه بۆ مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ئه‌مانه‌دا هه‌ركه‌سێ به‌و جۆره لایه‌قه بۆی ، وه له‌وانه كه هه‌ڵمان‌بژاردن له ناو ئاده‌میزاداو له تاقمی خۆیانا ، وه ئه‌وانه ئینسانێكی وا خاوه‌ن په‌یمان‌و خاوه‌ن

ئیمانو خاوەن پەیوەندن بە خودای خۆیانەوە کاتێ کە ئایاتی خودایان بەسەرا بخوێنرایەتەوە لەسەر قامەتی ڕەوانی خۆیان ئەکەوتن بە شێوەی سوجدەبەرانو بە شێوەی گریاوان لە مەقامی ترسو ڕێزی پەروەردگارا •

فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ اضَاعُوا الصَّلاةَ واتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيّاً (٥٩) إلاَّ مَنْ تَابَ وآمَنَ وعَمِلَ صالِحاً فأُولئِكَ يَدْخُلونَ الجَنَّةَ ولا يُظْلَمونَ شَيْئاً(٦٠) جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتي وعَدَ الرَّحْمنُ عِبادَهُ بِالغَيْبِ إنَّهُ كَانَ وعْدُهُ مَأْتِيّاً) (٦١)

جا لەگەڵ پایەو مایەی ئەو زاتە موبارەکانەدا هات بە شوێن مردنی ئەوانا چینێ جێگەداری ناباری وەها کە نوێژیان زایەکرد بە تەرککردنی هەمووی یا بازێکیو بە دواخستنی لە کاتی تایبەتیو لە بێ موبالاتی بە مەعناو مەغزاکەی لە کاتی بەجێهێنانیاو ، کەوتنە شوێن ئارەزووی نەفسی ئەممارەی خۆیان ، جا ئەم چینە نابارە بێئایینە لەمەولا ئەگەن بە تۆڵەی شەڕو بە ئەنجامی بێ فەڕی خۆیان ، مەگەر ئەو کەسانە تەوبە بکەنو وەرگەڕێنەوە بۆ فەرمانبەرداری خودای تەعالاو ئیمان بێنن بە ئەصڵو فەرعی ئایینی راستو کردەوەی باش بکەن جا ئەمانە هەموو ئەڕۆنە بەهەشتەوە وە هیچ ئەندازەیێ ، کەم یا زۆر ، ستەمیان لێ ناکرێ ، ئەو بەهەشتە ئەوان ئەڕۆنە ناویان بەهەشتی ئیقامەو جێگەگرتنی هەتاهەتایە ، ئەو بەهەشتەی کە خودای میهرەبان وەعدەی داوە بە بەندەکانی بە هۆی ئیمانو باوەڕی ئەوان بە خودای پەنامەکیو دینی پەنامەکیو قیامەتی پەنامەکیو دۆزەخو بەهەشتی پەنامەکی ، وە بە راستی ئەو وەعدەیە خودا بیدا ئەبێ بێتەجێگە •

(لا يَسْمَعونَ فِيها لَغْواً إلاّ سلاماً ، ولَهُمْ رِزْقُهُم فِيها
بُكْرةً وعَشِيّاً (٦٢) تِلْكَ الجَنَّةُ التي نورِثُ مِنْ عِبادِنا
مَنْ كانَ تَقِيّاً) (٦٣)

وە ئەوانەی کە ئەڕۆنە ئەو بەهەشتانەوە نابیسن لەو بەهەشتانەدا قسەی پووچی بێ سوود سەلام لێکردن نەبێ ، ئەگەر سەلامکردن پووچ بێ، وە بۆیان هەیە رزق‌و رۆزی خۆیان بە تایبەتی لە بەیانی‌و ئێوارەدا ، وە ئەو بەهەشتە کە داومانە بەوانە کە ئەهلی پارێزن‌و پارێز ئەکەن لە کوفرو لە تاوانباری‌و لە دڵبەندی بەجیهانەوە •

(وما نَتَنَزَّلُ إلاّ بِأمْرِ رَبِّكَ لَهُ ما بَيْنَ أيْدِينا وما خَلْفَنا
وما بَيْنَ ذَلِكَ ، وما كانَ ربُّكَ نَسِيّاً) (٦٤)

ئەم ئایەتە پیرۆزە حیکایەتی فەرموودەی جوبرەئیلە ــ د ــ کاتێ کە حەزرەت پرسیاری ئەکرد لە دڵی خۆیا : بۆچی جوبرەئیل ئایەتە خوارەوە باسی (أصحاب الكهف)و (ذو القرنين)و (رۆح)م بۆ بێنێ ؟ جا ئەڵێ : ئێمە نایەینە خوارەوە بە ئەمری پەروەردگاری تۆ نەبێ کە بۆ ئەوە موڵکی تایبەتی ، ئەوەی کەوا لە بەردەمی ئێمەداو ئەوەی کەوا لە پاش ئەم رۆژو کاتەوەو ئەوەیش کە لە پێش ئێمەدا بوەو خودای تۆ قەت فەرامۆشکار نەبوەو هیچ شتێکی لەبیر ناچێتەوە •

(رَبُّ السَّماواتِ والأرْضِ وما بَيْنَهُما ، فاعْبُدْهُ واصْطَبِرْ
لِعِبادَتِهِ ، هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيّاً ؟) (٦٥)

ئەو خودایە کە پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەویو مابەینی ئەوانە . دەی هەر بەندەیی بۆ ئەو بکەوخۆت رابگرە لەبەر بەندەیی‌کردنا بۆ ئەو کە خودایەکی خاوەن دەستەلاتەو هاووێنەو هاوزاتو هاوصیفەتی نیە ، ئایا تۆ ئاگاداری لە هاوناوێ بۆ ئەو هەتا گومانت بڕوا بۆ ئەوە کە هاوصیفاتی ئەویش ببێ لە جیهانا ؟

(وَيَقُولُ الإِنْسانُ : أَءِذا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيّاً !؟) (٦٦)

ئەو ئادەمیزادە بەدنیهادە کە (ابی کوڕی خلف)ە لە شێوەی بێباوەڕیدا ئەڵێ : ئایا کاتێ من مردمو لە گۆڕا رزیم دوای ئەوە لەو گوڕە دەرئەکرێمو زیندووئەکرێمەوە ؟ !

(أَوَلا يَذْكُرُ الإِنْسانُ أَنَّا خَلَقْناهُ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئاً !؟) (٦٧)

ئایا ئەو ئادەمیزادە بیرناکاتەوە لەوە کە ئێمە لە نەبوون دروستمان کردوەو لە پێش ئەو دروستکردنەیشا هیچ نەبوەو نە ناوو نە نیشانو نە پایەو نە مایەو نە شان ، وە وەکو لەو نەبوونەوە هێناومانە بۆ بوون بۆچی ناتوانین ئەو مادەیشی بدەینەوە دەمیەکو دروستی بکەینەوە وەکو ئەوسا ؟!

(فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّياطِينَ ، ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيّاً) (٦٨)

جا سوێند ئه‌خۆم به په‌روه‌ردگاری تۆ ئه‌ی محه‌مه‌د به راستی ئێمه ئه‌و کافرانه زیندووئه‌که‌ینه‌وه‌و له گۆڕه‌کانیان ده‌رئه‌که‌ین له‌گه‌ڵ شه‌یتانه‌کانیان ، له جین یا له ئینس ، وه به‌یه‌که‌وه ریزیان ئه‌که‌ین له پاشان ئه‌یانهێنین‌و حازریان ئه‌که‌ین به ده‌وری دۆزه‌خا به جۆرێ که هه‌موو هاتوون به چۆکا •

(ثُمَّ لَنَنْزِعَنَّ مِنْ كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرَّحمنِ عِتِيّاً) (٦٩)

ئه‌مجار هه‌ڵئه‌گرین‌و هه‌ڵئه‌که‌نین له هه‌موو کۆمه‌ڵ‌و تاقمێ ئه‌و تاقمه‌یان که زۆر به شیدده‌تتره‌و یاخی‌تره له خوداو فره‌ی ئه‌ده‌ینه ناو دۆزه‌خه‌وه •

(ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَى بِهَا صِلِيّاً) (٧٠)

پاش ئه‌وه بزانن که ئێمه زاناترین له ئێوه به‌و کافرانه که لایه‌قترن به‌و دۆزه‌خه بۆ چوونه‌ناوی •

(وإِنْ مِنْكُمْ إِلاَّ وارِدُها كانَ على رَبِّكَ حَتْماً مَقْضِيّاً (٧١)
ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوْا ، ونَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيها جِثِيّاً) (٧٢)

وه بزانن که‌س نیه له ئێوه که به‌سه‌رپشتی دۆزه‌خدا نه‌ڕواو دۆزه‌خ بینێ ، ئه‌مه له‌سه‌ر خودا به پێی بڕیاری خۆی شتێکی پێویستی ته‌واوه . پاش ئه‌وه هاتن به‌سه‌ر پشتی دۆزه‌خدا (واته پردی صیراط) ئه‌وانه‌ی

خاوەن تەقوا بوون لە کەوتنە خوارەوە رزگاریان ئەکەین و ناکەونە دۆزەخ ، وە ستەمکارەکان ئەهێڵینەوە بە جۆرێ بێن بەلاداو بکەونە ناویەوەو لەسەر ئەژنۆ بکەون •

وە یاخود کەس نیە لە ئێوە ئەی موسوڵمانان و کافران ئیللا ئەبێ بڕۆن بە ناو دۆزەخاو ئەمە لەسەر خودا ، لەسەر وەعدەی خۆی ، بڕیار دراوە ، بەلام لە پاشان ئەوانە کە خاوەن تەقوان رزگاریان ئەکەین لە ناو دۆزەخ و دەریان ئەکەین کوتوپڕ یاخود پاش ئەوە کە بە ئەندازەی بڕیاردراوی خۆی سزا ئەدرێ تیایا ، وە ستەمکارە بەدبەختەکان ئەهێڵینەوە تیایا لەسەر ئەژنۆ ، واتە بە داماوی و کزی و کەس لێ نەپرسیوی •

(وإذا تُتلى عَلَيْهِمْ آياتُنا بَيِّناتٍ قالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا : أيُّ الفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَقَاماً وأحْسَنُ نَدِيّاً ؟!) (٧٣)

وە کاتێ ئایەتەکانی ئێمە ئەخوێنرێنەوە بەسەر کافرەکانا بە رووناکی و جوانی و رێك لەگەڵ کات و شوێنا کافرەکان وەها مەبهووت ئەبن هیچیان بۆ نامێنێتەوە ئەمە نەبێ کە لائەدەن لە باسی ئەدەب بۆ لای خۆگەورەکردن بە شتی دنیایی ، وە ئەو کافرانە لەناو خۆیانا بازێکیان بە بازێکیـــان ئەڵێن دەربارەی موسوڵمانەکان : ئایا ئەوان باشترن لە ئێمە یاخود ئێمە باشترین لەوان لە هۆی جێگەو رێگەو شان و نان و مەجلیسەوە ؟ واتە پاش ئەوە کە دەستیان ئەبڕێ لە بارەوەرگرتن لە قورئان و دین پەنا ئەبەن بە فەخرکردن بە مادەی ژیوار و دارایی •

(وكَمْ اَهْلَكْنا قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْنٍ هُمْ اَحْسَنُ اَثاثاً ورِئْياً ؟) (٧٤)

جا خودا بۆ ئه‌وه‌ كه‌ ئه‌و ڕیسه‌یان خاو بكاته‌وه‌ ئه‌فه‌رموێت : گه‌لێ ئه‌هلی چه‌رخ‌و زه‌مانه‌مان له‌ناوبرد له‌ پێش ئه‌وانا كه‌ پێشوه‌كان زۆر جوانتر بوون له‌مان له‌ هۆی دارایی‌و فه‌رش‌و رایه‌خ‌و به‌رگ‌و پۆشاك‌و دیمه‌ن‌و شتی به‌رچاویه‌وه‌ ، ئیتر با ئه‌مان فیز به‌و شتانه‌وه‌ نه‌كه‌ن •

(قُلْ : مَنْ كانَ فِي الضَّلالَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمنُ مَدّاً حَتَّى إِذا رَأَوْا ما يوعَدُونَ ، إِمَّا العَذَابَ وإِمَّا السَّاعَةَ ، فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَكاناً وأَضْعَفُ جُنْداً) (٧٥)

خودای ته‌عالا ئه‌فه‌رموێت : ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست تۆ بڵێ به‌و كافره‌ گومڕاهانه‌ : هه‌ركه‌سێ كه‌وا له‌ ناو ده‌ریای گومڕاهیدا با خودا هه‌ر درێژه‌ به‌ چه‌رخی گومڕاهیه‌كه‌ی بدا تا كاتێ كه‌ چاویان ئه‌كه‌وێ به‌وه‌ی وادەیان پێدراوه‌ كه‌ هاتنی سزای دنیایه‌ یا هاتنی قیامه‌ت‌و سزای پاشه‌ڕۆژه‌، جا به‌ راستی ئه‌وسا ئه‌زانن كێیه‌ كه‌ خراپتره‌ له‌و دوو تاقمه‌ له‌ هۆی جێگه‌و رێگه‌وه‌ ، وه‌ كێ زه‌عیفتره‌ له‌ سوپادا •

(ويَزِيدُ اللهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدىً والباقِيَاتُ الصَّالِحاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَاباً وخَيْرٌ مَرَدّاً) (٧٦)

وه‌ ئه‌و كه‌سانه‌یش كه‌ شاره‌زابوون بۆ رێگه‌ی ئیسلام خودای ته‌عالا هیدایه‌ت‌و ته‌وفیقیان بۆ زیاد ئه‌كاو مه‌شغووڵی بیرو باوه‌ڕی پاك‌و كرده‌وه‌ی چاك ئه‌بن كه‌ بۆ پاشه‌ڕۆژ به‌سووده‌ ، وه‌ مه‌علوومه‌ ئه‌و عیباده‌تانه‌ كه‌ ئه‌مێننه‌وه‌ وه‌كو نوێژه‌كان‌و زیكری (سبحان الله والحمد لله ولا اله الا

الله والله أكبر) وە یا وەکو کردەوەی باش وەها کە خەڵکی چاوی لێ ئەکەن وە لەسەری ئەڕۆن بە درێژایی زەمان ئەوانە باشترن لە ماڵی دنیاو ژیوارو دیمەن لە هۆی پاداشی قیامەتەوە ، وە باشترن لە هۆی ئەنجامەوە •

(افَرَاَیْتَ الَّذِي كَفَرَ بآیاتِنـــا وقالَ : لاوتَیَنَّ مــالاً ووَلَــداً (٧٧) ؟ اطَّلَـــعَ الغَیْبَ اَمِ اتَّخَذَ عِنْـــدَ الرَّحمن عَهْداً ؟ !) (٧٨)

ئەم ئایەتانە نازڵبوون لە عاصی کوڕی وائیلدا ، خەباب بازێ قەرزی بەسەریەوە بو داوای کرد بیداتەوە ، ئەویش وتی : ناتدەمەوە هەتا نەیەیتەوە سەر دینی خۆمان ! خەباب وتی : نەوەڵلا قەت لە دینی محەمەد هەڵناگەڕێمەوە نە بە زیندوویی‌و نە بە مردوویی‌و نە ئەو کاتەیش کە تۆ لە قیامەتا زینـــدوو ئەکرێیتەوە ، جا عاص وتی : مادام من زیندووئەکرێمەوە بێ بۆ لام ؛ چونکی من لە قیامەتیشا ماڵ‌و ئەولادم ئەبێ ، جا لەوێ حەقەکەت ئەدەمەوە بە دوای ئەم قسەو باسەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

ئەفەرموێ : پێم بڵێن : کە حاڵی ئەو کابرایە چۆنە ، ئەو کەسە کـە کافرە بە ئایاتی ئێمەو ئەڵێ لەمەولا لە قیامەتا ئەگەر زیندووبیمەوە من ماڵ‌و ئەولادم پێ ئەدرێ ، ئایا ئەم کابرایە غەیب ئەزانێ‌و خەبەردار بوە لەوە کە لەمەولا ماڵ‌و ئەولادی ئەبێ ، وە یاخود لە لای خودای خۆیەوە عەهـــدو بڕیارێکی وەرگرتوە بەوە کە لە قیامەتا ماڵ‌و ئەولادی ببێ ؟!

(کَلاَّ سَنَكْتُبُ ما یَقولُ ، وَنَمُـــدُّ لَـــهُ مِنَ العَـــذاب مَدّاً) (٧٩)

حاشا ئەم کابرا غەشیمەو نەفامە بۆیە ئەم قسە پووچانە ئەکا ، لەمەولا هەرچی ئەو ئەیڵێت ئەینووسین بۆ موحاسەبەی لە ڕۆژی قیامەتاو سزاکەی بۆ درێژئەکەینەوە هەتا بە قەی تاوانباری ئەو ڕەسا بێ •

(ونَرِثُهُ ما يَقُولُ ويَأْتِينا فَرْداً) (٨٠)

وە کاتێ کە مرد ماڵو ئەولادی هەرچی ببێ لێی وەرئەگرین ئەو خۆی بە تەنیا دێ بۆ لامان •

(واتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ آلِهَةً لِيَكُونُوا لَهُمْ عِزّاً) (٨١)

ئەم کافرە موشریکانە بێجگە لە خودای عالەم چەن خوایەکیان بۆ خۆیان داناوە بۆ ئەوە لە ڕۆژی دنیاداو لە قیامەتا ببن بە هۆی گەورەیی‌و کەرامەت بۆیان •

(كَلَّا سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ ويكونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدّاً) (٨٢)

حاشا شتی وا نابێ‌و سوود لەو بتانە وەرناگرن ؛ چونکی ئەو بتانە لە قیامەتا ئینکاری ئەوە ئەکەن کە ئەوانە بەندەیی ئەوانیان کردوەو ئەبن بە دژی ئەوان لە هەموو بابەتێکدا •

(أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنا الشَّياطِينَ على الكافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزّاً ؟) (٨٣)

ئایا تۆ ، ئەی خۆشەویست ، نابینی ئێمە شەیاتین ئەنێرین بۆ سەر دڵی کافرە موشریکەکانو ئەو شەیاتینانە ختەی ئەوان ئەدەن بۆ تاوانباری •

(فَلاَ تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا) (٨٤)

هیچ پەلەیان لێ مەکە کاتی گەیشتنیان بە ئێمە نزیکەو ئێمە ڕۆژیان لەسەر ئەژمێرین بە ژماردن ، واتە چەن ڕۆژێکی کەمیان ماوە جا ئەوسا ئەمرنو من خۆم ئەزانم چییان لێ ئەکەم •

(يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمنِ وَفْداً (٨٥) وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْداً (٨٦) لا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلاَّ مَنِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمنِ عَهْداً) (٨٧)

لەو ڕۆژەدا کە خاوەن تەقواو طاعەتەکان حەشر ئەکەینو گردیان ئەکەینەوەو ئەیان بەین بۆ لای خودای میهرەبان بە کۆمەڵەی بە حورمەتی سواری حەیوانی بەنرخ ، وە تاوانبارەکانیش ئەدەینە بەر بۆ دۆزەخ وەکو کۆمەڵێ کە تینوو بنو بە پەڵەو هەڵە رابکەن • لەو ڕۆژەدا ئەوانە کەسیان خاوەنی تکاو تکاکاری نین لە لای خودای تەعالا کەسێ نەبێ کە پەیمانێکی دینو ئیمانو عەمەل بە طاعەتی لەگەڵ خودادا کردبێو بە جێگەی هێنابێ ، جا ئەوانە ئەگەر گوناهباریش بن تکاکاریان هەیە ، یاخود کەسانێ نەبێ کە ئیزنی شەفاعەتیان درابێ شەفاعەت بکەن بۆ تاوانباران لە موسوڵمانان •

بزانن ! ئەم ئایەتە مونافی نیە بۆ ئەو فەرموودانەی حەزرەتە ـ د ـ کە ئەهلی مەحشەر ئەنێررێن بۆ مەحشەر بە پیادەو بە ڕووتی ، وەکو بوخاری

ریوایەتی کردوە ، لەبەر ئەوە ئەم حەدیثە بۆ تاوانبارانی موسوڵمانانەو ئایەتەکە بۆ موسوڵمانە گەورەکانە کە بێ تاوانن ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە خاوەنی کردەوەی باش‌و بەش‌و بارەی بەرزن بەرابەر بە موسوڵمانان .

(وقالُوا اتَّخَذَ الرَّحمنُ ولَداً (٨٨) لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئاً إِدًّا (٨٩) تَكادُ السَّماواتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وتَنْشَقُّ الأَرْضُ وتَخِرُّ الجِبالُ هَدّاً (٩٠) أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمنِ وَلَداً (٩١) ومَا يَنْبَغِي لِلرَّحمنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَداً (٩٢) إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّماواتِ والأَرْضِ إِلاَّ آتِي الرَّحْمنِ عَبْداً (٩٣) لَقَدْ أحْصاهُمْ وعَدَّهُمْ عَدّاً (٩٤) وكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ القِيامَةِ فَرْداً) (٩٥)

ئەو کافرە بێ شوعوورانە بە تەقلیدو کەوتنە شوێنی پێشینانە بێبیرەکانیان ئەڵێن : خودای عالەم ئەولادی بۆ خۆی بڕیار داوە ، وە فریشتەکان کچی ئەون ، ئەی بەدبەختەکان بە راستی بیرێکی خراپتان دەربڕیوەو شتێکی نارەواتان کردوەو بەدی هێناوە ، لەوانەیە ئاسمانەکان لەبەر نایاری ئەم بیرو باوەڕو کردەوەی ئێوەو ئەم واتە ناپەسەندەتان لەت‌لەت بین ، وە لەوانەیە زەوی شەق‌بەرێ‌و کێوەکان هەرەس بێنن‌و بهرووژێن لەبەر ئەوە کە ئەولاد بۆ خودا دائەنێن ، بە هیچ جۆر رەوا نیە بۆ خودا ئەولاد وەربگرێ‌و ئەولادی بێ لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا زاتێکی (واجب الوجود)ەو نیازی بە کەس نیە هەتا حەز بە نەوە بکا بۆ یارمەتیدانی ، وە خودا (واجب الوجود)ەو باقی مومکینات بوون‌و نەبوونیان وەکوو یەکەو لەگەڵ (واجب الوجود) ا موناسەبەیان نیە . لەگەڵ ئەوەیشدا ئەبێ نەوە لە جینسی باوك‌و دایك بێ ، وە بەهەر حاڵ خودا هەموو ئینسان‌و

جینی بـۆ عیبـادەتی خۆی دروسـتکردوە وەکو خودا فـەرموویەتی :
(إنْ كُلُّ مَنْ في السَّماواتِ والأرْضِ إلاّ آتي الرَّحْمنِ عَبْـداً)
نیە هیچ عاقڵو هۆشیارێ کە وان لە ئاسمانەکانو زەویدا ئیللا حازرن لـە
خزمەتی خودادا بە بەندەییو خزمەتگوزاری بەخۆشیو ناخۆشی، واتە هەموو
رامن بۆ زاتی حەق •

ئـەوەی کـە هەیە لـەم کائینـاتـە
خزمـــەتگوزاری فەرمـــانی زاتـــە

خودای تەعالا ئەو عاقلانە کە بوونو هەنو ئەبن لە عەرزو ئاسمانەکانا زەبتی
کردوونو دەورەی داونو ژمارەی ئەشخاصو کاتو شـــوێنی کردوونو
هەموویان لە رۆژی قیامەتا دێنە حوزووری خودا بە تاکیو خـزمەتکاریو
نیازمەندی بێ ئەعوانو بێیارمەتیدەر •

ئـەوەی کـــە راســتە خودا یاریەتی
لـە کـاتی کـــارا مەدەدکاریەتی
ئەوەی ناڕاســتە بێکەس ئەکەوێ
دنیـای روونـاکی ئەبێ بـە شـەوێ
دەی چــرای دڵتــان مەکوژێننەوە
تـا لـەو رۆژانـا هەڵگیرسێنەوە
تـا راستو چەپتان ببێتە چراخـان
دنیـاتـان ببێ بـــە تـازەبـاخان
لێـدەن لـە سـایەی ئالآی رەهبەرا
نەغمەی دڵشـــادی بەمسەرەو سەرا
ئەمەیە شـادیو ئازادی ئینسان
وەربگرن نامـەی کەرەمو ئیحسان

★ ★ ★

(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدّاً (٩٦)

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلامو کردەوەی باش ئەکەن، واتە خۆیان لە حەرام ئەپارێزنو کاری ناڕەوا ناکەنو فەرمانی خودا بەجێ دێنن ئەوانە لە دڵی موسوڵمانانا خودا خۆشەویستیو ڕەزامەندییان بۆ جێبەجێ ئەکا •

(فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنْذِرَ بِهِ قَوْماً لُدّاً) (٩٧)

ئێمە بۆیە ئەم کتێبەمان بە زمانی تۆ ڕێکخستوە هەتا هەموو تەومەکەت لێی حاڵی ببن ، جا موژدە بدە بە ئەهلی تەقوا بە گەیشتن بە ڕەزای خودا ، وە بیش ترسێنە بە ئایاتی هەڕەشە ئەو قەومەی کە دوژمنایەتیو ناسازی دڵو دەروونیان لەگەڵ دینا زۆر سەختە •

(وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْنٍ ! هَلْ تُحِسُّ مِنْهُمْ مِنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزاً ؟) (٩٨)

وە زۆر قەومو کۆمەڵمان لە پێش ئەم کافرانەدا لەناوبرد لە ئەهلی قەرنە صەدساڵیەکان ! ئایا تۆ ئیستە چاوت ئەکەوێ بە یەکێ لەوان لەم چەرخەدا ؟ یا دەنگی یەکێ لەوان ئەبیسی کە نوزەی لێوە بێ ؟ حاشــا ئەوانە هیچ شوێنەواریان نەماوە ، ئەمانیش لەناو ئەچنو هەر خودا ئەمێنێو بەس •

سوورەتی (طاها) مەکی‌یە ، ئایەتەکانی ١٣ و ١٣١ نەبێ ، ئەوانە مەدەنین ١٣٥ ئایەتە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(طه !) (١)

ئەی پیاوی دیاری !

(ما اَنْزَلْنا عَلَيْكَ القُرْآنَ لِتَشْقى) (٢)

ئێمە ئەم قورئانەمان نەناردوەتە خوارەوە بۆ تۆ هەتا تۆ خۆت ماندوو بکەی بە هۆی خەمخواردن لەسەر گومڕایی ئەوانە کە ئیمان نایەنن •

(إلاّ تَذْكِرَةً لِمَنْ يَخْشى) (٣)

بەڵام ناردوومانە بۆ ئەوە کە حەق بخەیتە بیری ئەوانە کە لە خودا ئەترسن •

(تَنْزِيلاً مِمَّنْ خَلَقَ الأرْضَ والسَّماواتِ العُلى) (٤)

وە ئەو قورئانە کە نازلکراوە بۆ تۆ بە ناردنەخوارەوەیەکە بە مۆلەتو لەسەر حیکمەتو مەسلەحەت لە لایەنی ئەو خودا خاوەن حیکمەتی خاوەن تەواناوە کە زەویو ئاسمانەکانی دروستکردوە ئەو ئاسمانە بەرزانە کە هۆشی ئادەمیزاد سەرگەردانە لە سەیری ئەوانا •

(الرَّحْمنُ علَى العَرْشِ اسْتَوى) (٥)

ئەو خودا میهرەبانە کە عەرشی داگیرکردوە لە ژووری هەموو ئاسمانەکانەوە •

(لهُ ما في السَّماواتِ ومَا فِي الاَرْضِ وما بَيْنَهُما ومَا تَحْتَ الثَّرى) (٦)

مولکی ئەو خودا میهرەبانەیە هەموو ئەوەی وا لە ئاسمانەکاناو لە زەویداو ئەوەی وا لە ناو بەینی ئەوانا لە فریشتەو گیانلەبەری ئادەمیو غەیری ئادەمی ، وە ئەوەیش وا لە ژێر عەرزا ، واتە لە ناو کورۆکەی زەویدا لە کانو غەیری کان ، وە یا ئەوەی وا لە مەرکەزی زەویدا کە نوختەی ناوەڕاستە (تقريبا) بۆ دائیرەی زەوی یا بۆ نوختەی کەنارەکانی •

(وإنْ تَجْهَرْ بِالقَوْلِ فَإنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ واَخْفى) (٧)

وە ئەگەر تۆ لە پاڕانەوە لە خودادا دەنگ بەرزئەکەیتەوەو قسەکانت بە ئاشکرا ئەکەی ئەوە لەسەر خواستی خۆتە ئەنا خودا بێ نیازە لە

بەرزکردنەوەی دەنگ ؛ چونکی خودا زانایە بەوەی بە پەنامەکی ئەوترێ‌و بە شتێکیش لەوە پەنهانتر بێ وەکو وتوویرەی نەفس •

(اللهُ لا إله إلاَّ هُوَ لَهُ الأسْماءُ الحُسْنى) (٨)

ئەو زاتە خاوەن صیفاتی کەماڵەو دوور لە نیشانەی عەیب‌و نوقسانە ناوی خۆی داناوە بە (الله) وە ئەم ناوە بوە بە عەلەم لە بۆ زاتی مەوصووف بە کەمال‌و دوور لە نوقصان ، وە هیچ کەس نیە کە بەندەیی بۆ بکرێ بە راستی ئەو نەبێ ، وە ناوە جوانەکان کە دەلالەت ئەکەن لەسەر هەموو صیفەتێکی نەفسی‌و سەلبی‌و ثوبوتی زاتی یا فیعلی بۆ ئەوە •

صیفەتی نەفسی خودا (وجود)ە
صیفاتی سەلبیش پێنجە مەعدوودە :
(قدم) و (بقا) و (وحدة)ە بە زات
هەم لە ئەفعالا هەروا لە صیفات
قیامی بە ذات ، بێ میثلی بۆ ئەو
دیارن وەکو کارەبا بە شەو
ثوبووتی زاتی حەوتن ، وەك : حەیات ،
عیلم ، ئیرادەو ، قودرەتی بە زات
سەمعو ، بەصەرو ، کەلامی قەدیم
باقی صیفاتی فیعلی بە تەعمیم
ئەم حەوت صیفەتە بە (مصدر)یە
ناویان مەشهوورە بە (معنویە)
وەك (عالمیة) بوونی بە (عالم)
باقی هەروەها بزانە سالم

ئەمـانـە بیسـتن بێ زیـادو کـــــەم
ضــیدی ئەمانــە مــەحاڵن (فــافهم)
ئەسمای حوســنای ئەو موشتەق لەوانە
هــەموو (تــەوقیفی)و دەرجی قورئــانــە
بەس ئیســـمی (الله) ئیســمی ئەعظەمە
(کنز الاســرار)ی زاتی ئــەکــرەمــە

★ ★ ★

(وهَلْ أتاكَ حَديثُ مُوسى (٩) ؟ إِذْ رأى ناراً ، فقالَ لِأهْلِهِ : امكُثُوا إِنّي آنَسْتُ ناراً لَعَلّي آتِيكُمْ مِنْها بِقَبَسٍ أوْ أجِدُ عَلى النّارِ هُدىً) (١٠)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئایا ئیستە رووداوی حەزرەتی موسای کوڕی عیمرانی بەنی ئیسرائیلت بیستوە ؟

کە پاش ئەوە ماوەی دە ساڵ لە خزمەتی حەزرەتی شوعەیبدا مایـەوە کچە بچووکەکەی مارەکردو ماوەیێ پاش ئەوە لە خزمەتیا بو ئەمجار هات بە دڵیا کە بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی بۆ میصرو ئیزنی خواسـت لە حەزرەتی شوعەیب کە لەگەڵ خێزانەکەیا بڕۆن بۆ میصرو ئەویش ئیزنی دانو بازێ حەیوانیشی پێدان ، کاتێ هاتن بە رێداو چەن مەنزڵێکیان بڕی ، لە شەوی جومعەدا کە لەو کاتەدا شەوێکی سارد بو ژنەکەی کوڕێکی لێ بوو لە بەر سەرما زۆر پەرێشان بوون ، جا موسا تەماشای کرد لە لای راستی کێوی طوورەوە ئاگرێ دەرکەوت . جا فەرمووی بە خێزانەکەی : ئێوە لەم شوێنەدا بمێننەوە من ئاگرێکم چاوکردوە ئەڕۆم بۆ نزیکی ئەو ئاگرە بەڵکو لەو ئاگرە

دەستەچیلەیێ بێنم و لێرەدا ئاگربکەینەوەو گەرم بینەوە . یاخود لە دەوروبەری ئەو ئاگرە کەسێکم دەستبکەوێ شارەزام بکا بۆ ناو ئاوەدانییەك لەم نزیکەدا هەتا ماوەییێ ئاسایش بگرین •

(فَلَمَّا أتاهَا نُودِيَ يا مُوسى) (١١)

جا کاتێ موسا هات بۆ لای ئەو ئاگرە تەماشای کرد ئاگر نیە لەوێدا بەس دارێکی سەوزی گەڵادارە شەوقێکی لێ دەرئەچێ وەکو چەن چرایەکەو پێکەوە بگرێن ، کە گەییە ئەوێ بانگ کرا : ئەی موسا . ئەمیش فەرمووی : بەڵێ تۆ کێی ؟ کێ بانگی لێ‌کردم ؟ جا دەنگێ هات فەرمووی :

(إنِّي أنَا رَبُّكَ فاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إنَّكَ بِالوادِ المُقَدَّسِ طُوىً) (١٢)

فەرمووی : بەراستی من کە بانگت ئەکەم پەروەردگاری تۆم ئەو پەروەردگارە کە تۆم پارازتوە تا ئیستە ، دەی سۆڵەکانت دابکەنە لە پێتو بە پێی رووتەوە نزیك ببەرەوە لەم نوورە چونکی تۆ وای لە شوێنێکی پیرۆزو پاکدا کە ناوی ناسراوی (طوی)یە •

(وأنا اخْتَرْتُكَ فاسْتَمِعْ لِما يُوحى) (١٣)

وە منیش تۆم هەڵبژاردوە بۆ رەهبەری‌و پێغەمەری تۆم کردوە بە فوروستادەی خۆم بۆ سەر گەلێ ئادەمیزادی سەرکێش ، جا گوێ بگرە بۆ ئەوەی کە وەحی ئەکرێ بۆ لاتو ئەیبینی :

(إِنَّنِي أَنَا اللهُ لا إِلهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدْنِي)

ئەوەی کە وەحی ئەکرێ بۆ لای تۆ گرنگەکەی ئەمەیە : کە بە راستی من ئەو زاتە (واجب الوجود)ە خاوەن کەماڵەم کە ناوم (الله)یەو کەس بەندەیی بۆ ناکرێ من نەبێ ، مادام وایە هەر بەندەیی بۆ من بکە •

(وأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي) (١٤)

وە بە تایبەتی ئاگاداری نوێژەکەت بکەو لە کاتی خۆیا بەجێی بێنە بۆ یادکردنی منو ناوبردنی من هەتا فەرامۆش نەبن لە باسی من •

(إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَى) (١٥)

وە هەمیشە دەوام بکەن لەسەر بەندەییو باوەڕتان وابێ ئەم دنیا پایەدار نیەو رۆژی پاشەڕۆژ بێگومان دێت ، بەلام لەوانەیە من بیشارمەوەو دەری نەخەم بۆ خەڵك تا لەسەر ئیمان بە غەیب ئەم خەڵکە بەندەیی بکەن وە بۆ ئەوە کە قیامەت هات هەر نەفسێ جەزا بدرێتەوە بەوە کە بۆی تێکۆشیوەو بۆی تێئەکۆشێ •

(فَلا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَنْ لا يُؤْمِنُ بِهَا واتَّبَعَ هواهُ فَتَرْدى) (١٦)

ئیتر ئاگادار بە ئیعرازت پێ‌نەنێ لە بوونی قیامەت‌و دوورت نەخاتەوە لە باوەڕ بەو ڕۆژە کەسێ کە ئیمانی پێی نیەو کەوتوەتە شوێنی ئارەزووی خۆی تا تۆیش وەکو ئەو بە هیلاکا بڕۆیت :

(وما تِلْكَ بِيَمِينِكَ يا مُوسى (١٧) ؟ قالَ : هِيَ عَصَايَ : اَتَوَكَّأُ عَلَيْها ، واَهُشُّ بِها علَى غَنَمِي ، ولِيَ فِيها مَآرِبُ أُخْرى ...) (١٨)

پاش ئەو ئەندازە فەرموودەیە خودا ویستی موسا دڵنیا بکا لەوە کە خودای عالەم بو قسەی لەگەڵا کردو ئەو بوو بە پێغەمەر بەوە کە بازێ موعجیزەی نیشان بدا ؛ جا بانگی کردو بە پرسیارەوە فەرمووی : ئەی موسا ئەوە چیە بە دەستی ڕاستەوە ؟ ئەویش عەرزی کرد : ئەوە عاساکەی خۆمە : کاتێ کە ماندوو بووم یا بە لای ئاژەڵەکەمەوە وەستام خۆم ئەدەم بەسەریا ، وە گەڵاداریشی پێ دائەوەرێنم بەسەر مەڕەکانما ، وە چەن ئیشی تریشی پێ ئەکەم ... وەکو ئەوە لە تاریکەدا ئەیخەمە پێش بۆ دیاریکردنی بەرزی‌و نزمی‌و ، ئەیکەم بە هۆی بازبردن بەسەر جۆگە ئاوی پاناو ، ماری پێ ئەکوژم‌و ، بەرهەڵستی گورگ‌و دڕندەو دوژمنی پێ ئەکەم ، وە کاتێ گوریسی دۆڵچەکە کورت بو سەری ئەو گوریسە توند ئەکەم لە قەفی عاساکەم بۆ ئەوە بگا بە ئاوی بیرەکە ، وە بوخچە ئەکەم بەسەریاو ئەینێم بە شانمەوەو ، جارجار کۆڵنجی خۆمی پێ‌ئەتەقێنم ... ئەمانە قازانجی عاساکەمە کە عەرزم کردی .

(قالَ اَلْقِها يا مُوسى (١٩) فأَلْقاها فإذا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعى !) (٢٠)

خودا فەرمووی : ئەو عاسایەت فڕە بدە . ئەویش فڕەی دا ، کوتوپڕ تەماشای کرد عاساکەی مارێکی زەلامەو کوتوپڕ رێ ئەکا . کە حەزرەتی موسا ئەم وەزعەی لە عاساکەیەوە دی ترساو گەڕایە دواوە •

(قالَ : خُذْهَا ولاَ تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الأُولى) (٢١)

خودا فەرمووی : بڕۆ عاساکەت بگرەو مەترسە لێی ؛ چونکی مادام دەستت بۆ برد من ئەیگێڕمەوە بۆ سەر شێوەو شانە پێشوەکەی •

(واضْمُمْ يَدَكَ إلى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سوءٍ آيَةً أُخْرى) (٢٢)

وە دەستت ببە بۆ لای بن‌باڵت کاتێ هێناتەدەرەوە بە سپێتی دەردێ ، وەکوو چرایێ هەڵگیرسابێ بە بێ ئەوە کە تووشی دەردێ بووبێ وەکوو بەڵەکی ، یا نەخۆشینێکی تر ، ئەمە موعجیزەیەکی ترە بێجگە لە موعجیزەی گۆڕانی عاساکەت بە مار •

(لنُرِيَكَ مِنْ آيَاتِنا الكُبْرى) (٢٣)

ئێمە ئەم عەجایباتەمان نیشان دای : نوورێکم بۆ دەرخستی لە لای راستی کێوی طوورەوە وەکو ئاگری هەڵگیرساو هەتا تۆ بێیت بۆ لای ، وە لە غەیبەوە بانگم لێ‌کردی‌و تۆ بیستت بە بیستنێکی غەیرەعادەتی ، وە عاساکەم بۆ کردی بە ماری خاوەن تەکان‌و بۆم کردیەوە بە دارەکەی جاران‌و دەستی خۆتم بۆ کردی بە چرای رووناك بۆ هەر کاتێ پێویستت پێی بێ،بۆ ئەوە بازێ

له نیشانه گه‌وره‌كانی خۆمت نیشان بده‌م ، وه‌كوو: گڕی ئاگر له داری ته‌ڕو، گۆڕینی داری وشك به گیانله‌به‌رێكی بیمناكو ، هه‌ڵگیرسانی چرا له ده‌ستی خۆتا بۆ ئه‌وه كه دڵت دابمه‌زرێو بزانی خودا هه‌موو شتێكی پێ ئه‌كرێ •

(إِذْهَبْ إِلى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغى) (٢٤)

مادام ئه‌مانه‌ت چاوپێكه‌وت پشت به خوا ببه‌سته‌و بڕۆ بۆ سه‌ر فیرعه‌ونی نابار ؛ چونكی به راستی یاخیو بایی بوه‌و لای‌داوه له یاسای ئاده‌میزادی خاوه‌ن ده‌سته‌لآتی به شوعوور •

(قالَ : رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (٢٥) وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي (٢٦) وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسانِي (٢٧) يَفْقَهوا قَوْلِي (٢٨) وَاجْعَلْ لِي وَزِيراً مِنْ أَهْلِي (٢٩) هارونَ أَخِي (٣٠) اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي (٣١) وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي (٣٢) كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيراً (٣٣) وَنَذْكُرَكَ كَثِيراً (٣٤) إِنَّكَ كُنْتَ بِنا بَصِيراً) (٣٥)

جا به‌و پیرۆزییه كه حه‌زره‌تی موسا ده‌ستی كه‌وتبو له موناجاتی له‌گه‌ڵ خوداداو به‌خشینی پایه‌ی ره‌هبه‌ریو پایه‌ی زانیاریو پایـه‌ی دووربینیو ته‌ماشاكردنی ئه‌سبابی عاده‌تی هه‌مووی په‌یدا بو له بۆ حه‌زره‌تی موساو به‌ر له هه‌موو شتێ داوای كرد له خودا كه سینه‌ی گوشاد بكاو عه‌رزی كرد : خودایه سینه‌م گوشاد بكه ، واته دڵم نوورانی بكه‌و له‌طائیفی سـینه‌م هه‌موویان رووناك بكه‌ره‌وه هه‌تا مه‌عنـه‌وییاتم ئه‌وه‌نده هێز بگرێ خودا به‌حازر بزانم له هه‌موو كاتی هاتو نه‌هاتێكداوه پاش ئه‌وه كه سینه‌ی خۆمت

وەها گوشاد کردەوە ئەو کارو بارانەیش کە پێویستە بۆ بەجێهێنانی ئـەم پەیامە ئامادەیان بکەن بۆم بە ئاسانی ؛ چونکی هەتا تەوفیق نــەبێ بـە رەفیق ئینسان ناگا بە دڵخوازی خۆیو گەلێ گەورە بە هۆی شـــتی سووکەوە لە دەست دەرئەچێ ، وە لە وتاری خۆیشما زمانم بەرەڵا بکـەو ئەو گیروگرفتە لە زمانماهەیە لای ببە هەتا باش قسەم وەربگرنو مانای فام بکەن ، وە لە کۆمەڵەی خانەوادەی خۆیشم یارمەتیدەرێو راوێژکەرێکم بۆ دروست بکە یارمەتیم بدا لە رێخستنی کاروبارماو ئەوەیش هاروونی برام بێ، هێزی مادیو مەعنەوی منی پێ زۆر بکەو بیکە بە هاوبەشو هاورێی من لە ئەمری پێغەمەرێتیو پەیامنێریو بانگکردنی ئادەمیزادا بۆ رێگەی حـەق هەتا بە یەکەوە زۆر تەسبیحات بکەین بۆ تۆو زیکری تۆ بکەین بە زۆری ؛ چونکە یارمەتیدان تەئثیری زۆرە لە بەجێهێنانی مەقسوودا ، وە بە راستی تۆ ئێمە ئەبینیو ئاگاداری لەوە ئەگەر تۆ ریعایەتمان نەکەیو یارمەتیمان نەدەی ئێمە هیچ کارێ ناتوانین بەجێبێنین •

(قالَ : قَدْ اوتِيتَ سُؤْلَكَ يا مُوسى) (٣٦)

خودای تەعالا لە وەڵامی پاڕانەوەکەی موسادا فەرمووی : وا ئەوەی کە تۆ داوات کرد پێتدرا ئەی موسا •

(وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً اُخْرى (٣٧) إِذْ اَوْحَيْنا إِلى اُمِّكَ ما يُوحى (٣٨) : اَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِي وعَدُوٌّ لَهُ)

وە جارێکی تریش منەتمان نایە سەرت بە چاکەیەکی تر لەو کاتەدا کە تۆ لەدایك بووبوویو دایکت بە دەستەوە دامابوو چیت لێ بکاو چۆن بتشارێتەوە لە قیبطیەکانی بەردەستی فیرعەون کە فەرمانی کوشتنی منداڵی نێرینەی بەنی ئیسرائیلیان پێدرابو ، جا لەو کاتەدا ئیلهاممان کرد بۆ ناو دڵی دایکت ئەوەی کە بشێ بۆ ئەوە ئیلهام بکرێو سوودی بێ بۆ ئەووو حاڵیمان کرد کە موسا بهاوەرە ناو سنووقێکەوەو بیخە ناو دەریای نیل هەتا دەریای نیل بیخاتە قەراخەوەو لە قەراخی نیلدا ئینسانێکی کافر لە قیبطیەکان کە دوژمنی ئەوەو دوژمنی منیشە وەری ئەگرێو ئەیباتەوە بۆ خانەدانی فیرعەون •

(وأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِنِّي ولِتُصْنَعَ علَى عَيْنِي) (٣٩)

وە من میهرەبانیو خۆشەویستیەکم خستە سەرت لە تەوانایی خۆمەوە بە جۆرێ هەرکەسێ تۆی چاوپێئەکەوت تۆی ئەوەندە خۆش ئەویست ئارەزووی ئەهاتە سەر خزمەتکردنتو پارازتنت ، وە ئەوەیشم بۆیە کرد هەتا بەخێو بکرێیتو تەربیەت بکرێیت لەبەر چاودێری مندا بە جۆرێ ئەگەڕان بە شوێنی دایەنا بۆت •

(إذْ تَمْشِي أُخْتُكَ فَتَقولُ : هَلْ أَدُلُّكُمْ علَى مَنْ يَكْفُلُه ؟ فَرَجَعْنَاكَ إلى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُها ولا تَحْزَنَ ، وقَتَلْتَ نَفْساً فَنَجَّيْناكَ مِنَ الغَمِّ وفَتَنَّاكَ فُتوناً ، فلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ، ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يا مُوسى (٤٠) واصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي (٤١)

لەو کاتەدا خوشکەکەت رۆیشت بۆ ماڵی فیرعەونو کاتێ خەبەردار بوو لەوەی کە بە شوێنی دایەنا ئەگەڕێن وتی : حەز ئەکەن من یەکێکتان پیشان بدەم کە شیری پێبداو بەخێوی بکاو سەرپەرشتی بکا ؟ وتیان : بەڵێ ، تا خوشکت هات دایکتی برد بۆ ماڵی فیرعەونو تۆیان دایە دەستی بۆ شیرپێدانیو بەخێوکردنی ، وە تۆمان ناردەوە بۆ لای دایکت تا چاوی رووناك ببێتەوە بە دیتنی تۆو خەم نەخوا ، وە پاش ئەوە کە گەورە بوویو هاتیتەوە بۆ ماڵی فیرعەون بوویت بە خۆشەویستی بارەگا هەتا رۆژێ لە رۆژەکان ئینسانێکی (قیبطی)ت کوشتو لە پاش ئەوە موبتەلامان کردی بە ئەنواعی بەڵاو مەینەتو راتکرد بۆ (مەدیەن)و لە مەدیەنا چەند ساڵێ مایتەوە، لە پاش ئەوە هاتی بۆ لام لەسەر ئەندازەی زەمانو کاتێ کە بڕیارم دابوو بۆ ئەوە لەو کاتەدا قسەت لەگەڵا بکەمو بتکەم بە فوروستادەی خۆم ، وە کاتێ کە هاتی بۆ لام من تۆم رێکخست بۆ ئەوە ببی بە خۆشەویستی خۆم •

(إذْهَبْ أَنْتَ وأَخوكَ بِآياتي ولا تَنِيا فِي ذِكْرِي) (٤٢)

ئەی موسا تۆو براکەت لەگەڵ ئایاتو موعجیزاتی مندا وەکو عاساو دەستی موسا بڕۆن بۆ لای فیرعەونو قەت سستی مەکەن لە زیکری مندا •

(إذْهَبا إلى فِرْعَوْنَ إنَّهُ طَغى) (٤٣)

بڕۆن بۆ لای فیرعەونو بانگی بکەن بۆ رێگەی دادو ئینصاف ؛ چونکی بە راستی ئەو طوغیانی کردووەو لە رێگە لای داوە •

(فَقولا لَهُ قَوْلاً لَيِّناً لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشى) (٤٤)

وە لەگەڵی بدوێن بە وتاری نەرمی وا موناسبی طەبعو زەوقو یاسـای ئەوبێ ، بەڵکو ئەو بیر بکاتەوەو دەرکی حەقیقەت بکاو بەندەیی خودا بگرێتە گەردن یاخود لای کەمی تۆزێ لە سزای خودا بترسێ •

(قالاَ : رَبَّنَـا إِنَّنَا نَخَافُ أَنْ يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَنْ يَطْغَى) (٤٥)

ئەبو عەبدوڵلای محەمەدی کوڕی ئەحمەدی قورطوبی ئەنصاری لـە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت : خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : لەو رۆژەدا کە موسا لە کێوی طورا خودا کردی بە پێغەمەری خۆی هاروونی برای لـە میصردا بو، جا خودا وەحی نارد بۆ هاروون کە لە میصر دەرچێو بێت بۆ لای موسا وە ئەمریشی کرد بە موسا کە بڕوا بە دەمی هاروونەوەو بە قەی ماوەی مەنزلێ رۆیشتو بەیەك گەیشتنو هاروون بە موسای وت کـە : خودا کردوومی بە پێغەمەرو ئەمری پێکردووم لەگەڵ تۆدا بم . وە موسـا هەم فەرمووی : من داوام کرد لە خودا کە تۆیش بکا بە شەریکم لە پێغەمەرێتیدا، وە بەیەکەوە رۆیشتن بۆ طوری سینا . وە لەم بەیەك گەیشتنەدا خودای تەعالا پێیفەرموون : بڕۆن بۆ لای فیرعەون بە راستی فیرعەون بایی بوە • وە هەر لەو بەیەك گەیشتنەدا عەرزی بارەگایان کرد وتیان : ئەی پەروەردگاری ئێمە بە راستی ئێمە ئەترسین لەوە کە فیرعەون زیادەڕەوێو دەسـتدرێژی بکـا بەسەرماناو بەر لەوە کە باش لە قسەکەمان بگا سزامان بدا ، یا هەر بایی بێو قسەمان نەبیسێ یاخود لەگەڵ تۆدا جەسارەتو بێئەدەبێ بکا •

(قالَ : لا تَخافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى) (٤٦)

خودا فەرمووی : لە فیرعەون مەترسن من وام لەگەڵ ئێوەدا بە سەرخستنتان و ترس خستنە دڵی دوژمنتان ، چاوم وا لە فیرعەونەوەو گوێم لە قسەکانیەتی ، ئەگەر قسەیەکی خراپی بەدەما هات بۆ پەلەکردن لە سزای ئێوەدا یا بۆ دەربڕینی بێ ئەدەبی لەگەڵ مندا کارێکی وای بەسەردێنم لەو قسەیە پەشیمان ببێتەوەو نەیکا •

(فَأْتِيَاهُ فَقُولاَ : إِنَّا رَسُولا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسرائِيلَ وَلاَ تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكَ ، وَالسَّلاَمُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى) (٤٧)

بڵێن بە فیرعەون : ئێمە دوو فوروستادەین لە لایەنی پەروەردگاری تۆوە ، وە مەقسوودمان ئەوەیە بەنیئیسرائیل بەرەڵا بکەی لەگەڵ ئێمەدا بێن ، ئیتر وازیان لێ بێنەو بە کارو بێگار ماندوویان مەکەو منداڵیان مەکوژەو خوێنیان مەمژە ، ئێمە بە راستی لەگەڵ موعجیزەدا هاتووین بۆ لای تۆو سەلامی خوداو فریشتەی خوداو مەردانی مەیدانی بەندەگی خودا لەسەر ئەو کەسانە بێ کە بوون بە پەیڕەوی چرای هیدایەتی خودا لەسەر دەستی پێغەمەرانو رەهبەرانی رێگەی راست •

(إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا : أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى) (٤٨)

وە بە راستی وەحیکراوە بۆ لای ئێمە کە سزای دنیاو قیامەت لەسەر ئەو کەسانەیە کە باوەڕ نەکەن بە خوداو رەهبەرانی خوداو پشت هەڵبکەن لە حەق و حەقیقەت •

(قالَ : فَمَنْ رَبُّكُما يا مُوسى ؟ (٤٩)

جا فیرعه‌ون پرسیاری کرد وتی : ئا پێم بڵێ ئه‌و خودای تۆیه کێیه ئه‌ی موسا که وا ده‌عوه‌تی ئێمه ئه‌که‌ی بۆ به‌نده‌یی ئه‌وو (مشخصات)ی چیه‌و چۆنه ؟ بۆم به‌یان بکه هه‌تا لێی تێبگه‌م •

(قالَ : رَبُّنا الَّذِي اَعْطى كُلَّ شَــيْءٍ خلْقَهُ ثُمَّ هَدى) (٥٠)

حه‌زره‌تی موسا فه‌رمووی : خودای ئێمه ئه‌و که‌سه‌یه که هه‌موو شتێکی له نه‌بوونه‌وه دروستکردوه‌و ده‌ری‌کردوه بۆ بوون . وه هـه‌ر شتێکی دروست‌کرد ئه‌و شێوه‌و سه‌رو سیمایه شیاوی حاڵ‌و کارو کرده‌وه‌ی بێ پێیداوه‌و پاش ئه‌وه شاره‌زایشی کردوه بۆ ئه‌وه که چلۆن بژی‌و چۆن سوود وه‌ربگرێ له‌م جیهانه که بۆ ئه‌و دروستکراوه‌و ئه‌و شته به پێی پایه‌ی خۆی سوود وه‌رئه‌گرێ •

(قالَ : فَما بالُ القُرونِ الاُولى (٥١) ؟ قالَ : عِلْمُها عِنْدَ رَبِّي فِي كتابٍ لاَ يَضِلُّ رَبِّي ولا يَنْسى) (٥٢)

فیرعه‌ون وتی : ئه‌ی حاڵی ئه‌و هه‌موو قه‌رنانه که له‌مه‌وپێش رابوردوون چۆنه‌و ئه‌وانه که خودایان نه‌په‌رستوه‌و نه‌یانناسیوه‌و عیباده‌تیان نه‌کردوه چیه‌و چۆنه ؟ حه‌زره‌تی موسا فه‌رمووی : زانستی ئه‌حواڵی ئه‌وانه وا له لای خودای مندا له (لوح المحفوظ)دا خودای ته‌عالا هیچ شتێ ون ناکاو هیچ شتێکی له‌بیر ناچێت •

(الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الارْضَ مَهْداً وسَلَكَ لَكُمْ فِيها سُبُلاً وأنزَلَ مِنَ السَّماءَ ماءً فأخْرَجْنا بِهِ ازْواجاً مِنْ نَباتٍ شَتّى(٥٣) كُلُوا وارْعَوْا أنْعامَكُمْ انَّ في ذلِكَ لآياتٍ لاولِي النُّهى) (٥٤)

ئەو خودا خودایەکی وەهایە کە زەوی کردوە بە ئارامگا بۆ ئێوە بە زیندوویی‌و مردوویی ، وە ڕێکی‌خستوە بۆ ئێوە چەن ڕێگەیێ لە کێوانی بەرزاو لە سارای سەرعەرزاو لە دەربەندی دووراو لە باسك‌و دۆلی چۆلا بۆ ئەوە لە ولاتێکەوە بڕۆن بۆ ولاتێ‌و بە هۆی بازرگانی‌و قافلەڕانی‌و کاروانکاری‌و دنیا داریوە مایەی خۆتان بەرزبکەنەوەو بە بەختەوەری بژین، وە خودایەکی وەهایە ئاوی بارانی باراندوە لە ئاسمانەوەو بە هۆی ئەو ئاوی بارانەوە چەن جۆر لە گیاو گوڵ‌و داری بەرو داری سێبەری بۆ ئێوە دەرکردوە بە گەلێ جۆری جیاجیا لە : ڕەش ، لە سپی ، لە سەوزو ، لە بۆرو، چەن جۆری جیاواز لە کشتوکاڵ‌و دانەوێڵەی ژیواری گیانلەبەران ••• جا خۆتان بخۆن لەو گیاو بەری دارو لەو کشتوکاڵ‌و دانەوێڵەیەو حەیوانەکانیشتان تیایا بلەوەڕێنن ، بە ڕاستی لە دروستکردنی ئەو هەموو خواردەمەنیە خۆشانە بۆ خۆتان‌و لە گیای بەسوود بۆ ماڵیاتتان چەن نیشانەی گەورەیی خودا هەیە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن عەقڵن •

(مِنْها خَلَقْناكُمْ وفِيها نُعِيدُكُمْ ومِنْها نُخْرِجُكُمْ تارَةً أُخْرى) (٥٥)

لەو زەویەی کە کردوومە بە ئارامگای ئێوە هەمووتانم دروست کردوە ؛ چونکە زنجیرەی ئێوە لە تۆم‌و ئاوە هەتا باوکە ئادەم ، ئەویش لە

مادەی گڵی زەوییە ، وە هەر لەو زەوییەدا داتان ئەنێینەوە پاش مردنتانو هەر لەو زەوییەیش دروستان ئەکەینەوەو دەرتان ئەکەینەوە بۆ جیهانی تازەو نوێ وە هەتا هەتایە ئەمێننەوە لە بەهەشتی خودادا بۆ جارێکی دوایی •

(ولَقَدْ أرَيْناهُ آياتِنا كُلَّها فَكَذَّبَ وأَبى) (٥٦)

وە بە راستی نیشانانداو خستمانە بەرچاوی نیشانەی گەورەیی خۆمان لە تۆ ئایەتو نیشانەی دیاریدا :

لە عاسای موسا کە ئەبوو بە مار ،
لە دەستی موسا چرای پڕتەوبار
لە باقی دەردو بەلای زەمانە
کە بۆ هێزی حەق بوون بە نیشانە
لە ماوەی بیست ساڵ ئەم شتانە بوون
بۆ ئەو بێ سوودو بێ نەتیجە بوون

لەبەر ئەمە هەر لەسەر حاڵی خۆی مایەوەو موسای بە درۆ ئەخستەوەو حەقی وەرنەگرتو خۆی مەنع کرد لە ئیطاعەی ئایاتی خوداو پەندوەرگرتن لە موعجیزاتی پێغەمەران •

(قالَ : أَجِئْتَنا لِتُخْرِجَنا مِنْ أَرْضِنا بِسِحْرِكَ يا مُوسى ؟!) (٥٧)

وتی : ئەی موسا ئایا تۆ بۆئەوە هاتووی بە جادووبازی خۆت ئێمە لە ئاووخاکی خۆمانو جێی باوباپیرانمان دەرکەی ؟!

(فلنأتینّك بسحرٍ مثله، فاجعل بیننا وبینك موعداً لا نخلفه نحن ولا أنت، مکاناً سوی) (٥٨)

بە راستی ئێمە جادوویەکی وەکو جادووکەی تۆدێنین . جا وادەیەکی دیاری دابنێ هەتا نە ئێمەو نە تۆ کەسمان لێی لانەدەین و هەردو لا لە شوێنێکی وادا حازر ببین کە بۆ هەردووکمان وەك یەك وەهابێ • بە کورتی فیرعەون داوای ئەوەی لە موسا کرد کە کاتێکی تایبەتی و شوێنێکی دیاری بۆ هەردوو لایان دابنرێ •

(قال : موعدکم یوم الزّینة وأن یحشر النّاس ضحیً) (٥٩)

موسا فەرمووی : وادەی ئێوە ڕۆژی جەژنی گشتیە کە بە (یوم‌الزینة) ــ ڕۆژی جوانی ــ ناسراوەو ئەو شوێنەیە کە خەڵك لەو ڕۆژەدا لەوێدا گردئەبنەوەو پێویستە کە خەڵکیش گردبکرێنەوە بۆ تەماشای ئەو کارەساتانەو ئەبێ لە کاتی چاشتانگاویشدا بێ کە کاتێکی لە بارو هەوا میانەیە •

(فتولّی فرعون فجمع کیده ثمّ أتی) (٦٠)

پاش ئەمە فیرعەون پشتی هەڵکردو ڕۆیشت فەرمانی دا بە کاربەدەستانی خۆی کە هەموو جادووگەرەکانی گردبکەنەوە ، وە ئەم نیسبەتە بۆ فیرعەون خۆی بە قانوونی ئیسنادی مەجازییە • وە ئەو جادووگەرانە هەموو هاتن لە

کاتی تایبەتی دیاریکراوا بۆ ئەو شوێنە لە کاتی چاشتەدا ، جـــا فیرعەون خۆیشی هات بۆ شوێنەکە بۆ ئەوەی خۆی بە چاوی خۆی کارەسات ببینێو هەر جادووگەرێ چی لە بارەدا هەیە بیکاو کەس درێغی نەکات •

(قالَ لَهُمْ موسـى : وَيْلَكُمْ ! لا تَفْتَرُوا على اللهِ كَذِبـاً فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذابٍ ، وقَدْ خابَ مَنِ افْتَرى) (٦١)

حەزرەتی موسا پێش دەربڕینی ئەوەی کە ئەتوانێ فەرمووی : ئـەی کۆمەڵی جادووگەران ئەگەر ئێوە بێن جادووی خۆتان دەربخەن مانای وایە ئەوەیش ئێمە بیکەین بە جادووی ئەزانن‌و ئێوە بەرانبەرکێی جادوو بـە جادوو ئەکەن‌و گومانی وەها پێچەوانەی راستیەو قسەی وەها درۆیەو درۆ هەڵمەبەستن بەرابەر بە موعجیزەی رەهبەرانی ئەو وە ئەو موعجیزانە بـە جادوو مەزانن ، وە ئەگەر ئێوە شتی وەها بکەن ئەوە خودا ریشەکەتتان ئەکا بە سزایێ کە لە لایەنی خۆیەوە بینێرێ بۆ سەرتان ، وە هەرکەسێ درۆ بکاو درۆ هەڵبەستێ نائومێد ئەبێ‌و بە مەبەست ناگا •

(فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وأَسَرُّوا النَّجْوى) (٦٢)

کاتێ حەزرەتی موســـا ـ د ـ ئەو ئامۆژگاریە جوانـەی کردن جادووگەرەکان لەناو خۆیانا هاتن بەیەکا ؛ بازێکیان وتیان : ئەم قسە جوانە دامەزراوانە قسەی جادووگەر نیەو ئەم زاتانە پێغەمەرن‌و هەرچی بکـــەن موعجیزەیەو ئێمە ناتوانین بەرانبەری موعجیزە بکەین ، وە بازێکیشیان بە پەنامەکی لە ناو خۆیانا قسەیان کردو وتیان :

(قالُوا : إنْ هذانِ لَساحِرانِ يُريدانِ أَنْ يُخْرِجاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِما ويَذْهَبا بِطَرِيقَتِكُمُ المُثْلى) (٦٣)

وتیان : بە راستی ئەم دوو کەسە دوو جـــادووگەری هەڵکەوتوون ئەیانەوێ کە ئێوە لەم خاكو ئاوو نیشـــتمانی خۆتانە دەربکەن بە هۆی جادوەکەیانەوەو ئەو ئادابو یاسای وڵاتە کە باشترینی یاسایە لای ببەنو لە مەیدانا نەیهێڵن • یاخود ئەم دوو کەسە ساحیرە دوو جادووگەرنو ئەیانەوێ ئێوە کە ساحیرن دەرتان بکەن لەم وڵاتەداو ئەو ئادابی جادووگەری ئێوە کە باشترین فەن بوە لەم خاکەدا کوێری بکەنەوەو خۆیان بێن جادووگەری تایبەتی چاکی خۆیان دەربخەن •

(فاَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُمَّ ائْتُوا صَفّاً ، وقَدْ أَفْلَحَ اليَوْمَ مَنِ اسْتَعْلى) (٦٤)

جا بێن هەموو جادوو ئەسبابی جادووگەریتان گردبکەنەوە بەڕیز بە شێوەیەکی خاوەن شکۆوە بێن بۆ مەیدانی جادووگەریو هەرچی ئەزانن بــە کاری بێنن بۆ بەزاندنی موساو بە راستی هەر کەســـێ بــەرز ببێتەوەو سەربکەوێ بەسەر بەرابەریا ئەو کەسە رزگار ئەبێ لە پەستیو سەرکزیو لە خەرجو باجی پاشاو چۆن ئەیەوێ بژی ئەژیو نامەی سەربەرزی وەرئەگرێ•

(قالُوا : يا مُوسى إمّا أَنْ تُلْقِيَ وإمّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقى) (٦٥)

جا ئەو جادووگەرانە لەسەر دەستووری پاشا هاتن بۆ عەینی مەیدانەو گەیشتن بە حەزرەتی موساو حەزرەتی هاروونو . لەبەر ئەوە کە موسا مەشهوورتر بو بانگیانکرد : ئەی موسا فەرموو یا تۆ لە پێش ئێمەدا جادووی خۆت بکەو ئەسبابی جادووت کە عاساکەتە بەکاری بێنەو فڕەی بدە بۆ مەیدان ، یاخود ئێمە ئەسبابی جادووی خۆمان لە پێشەوە فڕە ئەدەین •

(قَالَ بَلْ أَلْقُوا • فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى) (٦٦)

جا حەزرەتی موسا لەبەر ئەوە زۆر ئامۆژگاری کردبوونو مەنعی کردبوون لەم بەرانبەریکردنەو ئەوان موبالاتیان نەکردو ئەیزانی مادام ئەوان لەپێشدا هەرچی بتوانن ئەیکەنو . مەنعکردنیشیان سوودی نیەو دواییش ئەم هەموو جادوەکەی ئەوان بەتاڵ ئەکاتەوەو ئەمەیش بۆ پێشچاوی خەڵکەکە جوانترەو بەسوودترە ••• فەرمووی : نەخەیر ئێوە لە پێشدا ئەسبابی جادووگەریتان فڕەبدەنو نیشانی خەڵکی بدەن ، جا ئەوان گوریسو عاسای خۆیان داخستە مەیدان کوتوپڕ ئەو شریتانەو ئەو عاسایانە جموجوولێکی وایان بەسەرا هات کە ئەکەوتە خەیاڵی موساوە لە هۆی جادووی ئەوانەوە کە ئەوانە مارو ئەژدیهانو لە عەرزا رائەکەن •

(فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى) (٦٧)

وە لەو کاتو شوێنەدا بە گوێرەی تەبیعەتی ئادەمیزادو لە پێش بیرکردنەوە لە دەلیلدا کە ئەو ژێر ناکەوێ حەزرەتی موسا لە نەفسی خۆیا بیمو ترسێکی بەسەردا هات •

واتە ئینسان هەرچەن رەشبەر بێ دوو لایەنی هەیە : لایەنی نەفس‌و تەبیعەت‌و ، لایەنی پشت بەخودابەستن‌و دەلیلی بورهانی ، جا کاتێ کارەساتێکی گرنگ بێتە پێش‌چاوی بە گوێرەی تەبیعەتی نەفس ــ کە لایەنی یەکەمە ــ لەوانەیە مەترسی بکا ، وە لە دواییدا بە دەلیل حاڵی ئەبێ کە جێگەی هیواو پەنا زۆرە •

(قُلْنا : لا تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الأَعْلى) (٦٨)

ئێمەیش وەحیمان نارد بۆ موساو پێمان‌وت : مەترسە لەم رووداوانەدا هەر تۆ بەرزو بالای وە تۆ سەرئەکەوی بەسەر ئەوانا •

(والْقِ ما فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ ما صَنَعُوا ، إِنَّما صَنَعُوا كَيْدُ ساحِرٍ ولا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتى) (٦٩)

وە ئەو عاسایە کە وا بە دەستی راستەوە فڕەی‌بدە هەرچی ئەوان کردوویانە هەمووی ئەپێچێتەوەو قووتی ئەدا ، بە راستی ئەوەی ئەوان کردوویانە کارێکی جادووگەرییەو بە هۆی بازێ ئەسبابی ناڕەوای ناپەسەندەوە کردوویانەو ئینسانی ساحیرو جادووگەر لە هەر شوێنێ‌و لە هەر کاتێکدا بێت بۆ بەرانبەری حەق‌و موعجیزەی خودایی رزگار نابێ‌و ئەنجامی بەرباد بوونە •

(فأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّداً ! قالُوا : آمَنَّا بِرَبِّ هارُونَ ومُوسى) (٧٠)

کاتێ حه‌زره‌تی موسا ئه‌و عاسا وشکه که به ده‌ستیه‌وه بو فڕه‌یداو له پێش‌چاوی جادووگه‌ره‌کانا گورج بوو به ئه‌ژدیهایێ‌و هه‌رچی ئه‌وان فڕه‌یان دابوو به جارێ هه‌مووی قووت‌داو په‌لاماری فیرعه‌ون‌و کۆمه‌ڵه خه‌ڵکه‌که‌یشی داو رایان کرد ! ئه‌و جادووگه‌رانه به پێی زانیاری خۆیان باوه‌ڕی بێ‌گومانیان په‌یدا کرد که کاری ئه‌و عاسایه جادووگه‌ری نیه‌و به‌س ته‌ئییدی خودایه ، له‌به‌ر ئه‌وه جادووگه‌ره‌کان له‌په‌وڕوو که‌وتن‌و سوجده‌یان برد بۆ خوداو فه‌رموویان : ئیمانمان هێنا به په‌روه‌ردگاری هارون‌و موسا ــ د ــ پێیان له داماوی‌و ده‌سکورتی خۆیان به‌رابه‌ر به حه‌زره‌تی موسا تا له به‌رچاوی خه‌ڵکه‌که‌دا •

(قالَ : آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ ؟! إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ ، فَلأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلافٍ وَلأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ ،وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذاباً وَأَبْقَى !!) (٧١)

کاتێ که فیرعه‌ون ئه‌م کاره‌ساته‌ی دی‌و جادووگه‌ره‌کانی به‌زین‌و سه‌ریان دانه‌وان‌و که‌وتن به روودا رقی هه‌ڵگیرساو بوو به پارچه‌یێ ئاگرو وتی به جادووگه‌ره‌کان : ئه‌وه ئێوه ئیمانتان هێنا به موسا له پێش ئه‌وه‌دا که پرسێ به من بکه‌ن‌و من ئیزنتان بده‌م ؟! به‌راستی ئه‌م کاره بێ‌سه‌روبه‌رد له‌سه‌ر ته‌گبیرو پیلانه‌و موسا جادووگه‌رێکه له جادووگه‌ران‌و هه‌مووتان جادووگه‌رن‌و موسا سه‌رۆکتانه ئه‌و سه‌رۆکه‌ی که جادووی پێ‌نیشان‌داون • جا له سزای ئه‌م جه‌ساره‌ته‌دا من ده‌ست‌و پێتان به شێوه‌ی راست‌و چه‌پ ئه‌بڕم‌و پاش ئه‌وه که وام لێ‌کردن هه‌ڵتان‌ئه‌واسم به لقی داری خورمادا به

بەرزەوە با خەڵك تەماشای لەشەکاتتان بکاو ببن بە پەند بۆیان ، جـا ئەوسا حاڵی ئەبن تاقمی ئێمەو تاقمی موساو خودای موسا کام لامان سزای سەختترو بە دەوامترە !

(قالُوا : لَنْ نُؤثِرَكَ على ما جاءَنا مِنَ البَيِّنـاتِ والَّذِي فَطَرَنا فاقْضِ ما أَنْتَ قاضٍ إِنَّما تَقْضِي هذِهِ الحَياةَ الدُّنْيا)(٧٢)

جادووگەرەکان بە بێباکیو دڵڕووناکیەوە وەڵامی فیرعەونیان دایەوەو وتیان : بزانە بە هیچ جۆرێ هەتا هەتایە ئێمە ئیختیاری تۆ ناکەینو بەرزت ناکەینەوە بەسەر ئەو موعجیزاتە رووناکانەدا کـــە لای خوداوە هاتوونو پێمان گەیشتوونو ، ئیختیارت ناکەین بەســەر ئــەو خودایەدا کــە ئێمەی دروستکردوەو تەوانایە بەسەر ئەو موعجیزاتەدا دەی چی ئەکەی بیکە ، هەرچی تۆ ئەیکەی هەر لەم جیهانەدایە کە بە هەموومان نزیکەو ماوەیەکی وایە ئەبڕێتەوە •

(إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنا لِيَغْفِرَ لَنا خَطايانا ومَا أَكْرَهْتَنا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ واللهُ خَيْرٌ وأَبْقى) (٧٣)

ئێمە ئیمانمان هێناوە بە خودای پەروەردگاری خۆمان بۆ ئەوە کــە لێمان خۆش بێو تاوانمان ببەخشێ وە لـــە جوملەی تاوانەکانمان ئەو جادووکردنەیە کە تۆ بە زۆر پێتکردین ، وە بزانە خودا باشترە لە هەموو کەسێ بۆ پەرستیاریو بە دەوامترە لە هەموو گەورەیێ •

(إنَّهُ مَنْ يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِماً فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لا يَمُوتُ فِيها
ولا يَحْيَى (٧٤) ومَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِناً قَدْ عَمِلَ الصَّالِحاتِ ، فأولئِكَ
لَهُمُ الدَّرَجاتُ العُلَى (٧٥) جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها
الأَنْهارُ خالِدِينَ فِيها وذَلِكَ جَزاءُ مَنْ تَزَكَّى) (٧٦)

به راستی کەسێ بێت بۆ لای خودای خۆی بە تاوانباری ئەوە لە تۆڵەی ئەوەدا دۆزەخ جێگەی ئەبێ کە لەوێدا سزا ئەدرێ‌و نامرێ تیایا تا ئاسایش بگرێ‌و زیندوویش نابێ تیایا بە زیندوویەکی بێ‌ئازارو بەو جۆرە ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە پەنا بە خودا کە هەر خۆی خودایە • وە هەرکەسێ بێت بۆ لای خودای خۆی وەلحاڵ ئەو کەسە خاوەن ئیمانەو کردەوە باشەکانی کردوە ئەوە ئەوانە پایەبەرزەکانیان هەیە کە بریتین لەو بەهەشتانە کە ئامادەکراون بۆ مانەوەی ئەهلیان‌و رەوان ئەبێ لە ژێری داری ئەو بەهەشتانەوە چەن جۆباری‌و حاڵی ئەو کەسانە وەهایە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە . وە ئەم پاداشە پاداشی کەسانێکە کە نەفسیان پاك بوو بێتەوە لە تۆزی کوفرو بێ‌ئیمانی‌و چڵکی تاوانباری‌و شەرمەساری‌و دوورکەوتبێتەوە لە رەوشتی زوشتی بێ خێرو دەوامی بووبێ لەسەر حاڵی خۆی •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : جادوو چیەو ؟ جادووگەر کێن ؟ بزانن لە رۆژی بڵاوەبوونی ئادەمیزادەوە بەسەر جیهاناو ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی هەمیشە ئادەمیزاد لە تێکۆشینا بوون بۆ خۆبەرزکردنەوەو هەڵسووڕان لە خراپەوە بۆ چاکەو لە چاکەوە بۆ چاکتر ، هەر لە خواردن‌و خواردنەوەوە تا بەرگ‌و

پۆشاكو رایەخو نوێنو خانووی دانیشتنو كاسەو كەوچكو كشتوكاڵو باخداریو رامكردنی حەیواناتی كێویو راوكردنی ئەوانە گۆشتیان خۆشەو ئادەمی زاڵ ئەبێ بەسەریانا ••• جا بۆ سوودوەرگرتن لـە بەری دارانو گیای كۆساران ، ئەمجار دروستكردنی دێهاتو شارانو دامەزراندنی یاسا بۆ ژیواری خۆیان بە جۆرێ بتوانن كۆمەڵ بپارێزن لە هێرشی بازێك بەسەر بازێكداو هاتنی بێگانە بەسەریانا ، جا بۆ سـوودوەرگرتن لـە كانەكانو دەرهێنانی ئاسنو باقی كانەكانو بۆ كەڵكوەرگرتن لە رووبارە گەورەكان بە جۆبار راكێشان بۆ سەر كشتوكاڵو قەڵادروستكردن بۆ خۆڕاگرتن لەبـەر جەنگی دوژمناناو بۆ چەكپەیداكردن لە كوتەكو رمو تیرو كەوانو شـیرو چەكی ئاگرینو سەركەوتن لەم بابەتەدا بۆ سوودوەرگرتن لە كارخانەكانو لە ئاوو هەواو بوخارو ئاگرو كارەباو غەیری ئەمانەیشو هەموو ئەمانە لەسەر یاسای پلەپلەو مۆڵەت بە قەی تواناو رەسایی ئەوان بۆ ئەم كاروبارە هەتا گەیشتوون بە پایەی ئیمرۆو لەوانەیە لە پاشەڕۆژا ئەوەندە سەربكەون لەم بابەتەدا كە ئیستە ئێمە نەتوانین بیری لێبكەینەوە بە تەواوی •

وە مەعلومە كە ئادەمیزاد لە رشتەی گیانلەبەرە بەڵام جیاكراوەتەوە لە باقی گیانلەبەران بە هۆشو بیركردنەوە لە شتداو بە قیاسو ئەندازەگرتنی شتێ بەشتێ بە هۆی ئەو عەقڵو هۆشەوە كە خودا پێیداوە هەروا خودای تەعالا بۆ یارمەتیدانی عەقڵو هۆشی ئینسان لە نەوعی ئادەمیزادا لە گـەلێ رۆژو چەرخدا چەن ئادەمیزادێكی هەڵبژاردوەو كردوونی بە رەهبەرو ئـەم رەهبەرانە بوون بە یارمەتیدەری عەقڵو پێشەوای ئینسان بۆ ئـەوە لـە شوێنێكدا عەقڵ كاری پێنەكرێ لە تەمێی رەهبەران سوود وەربگرێو لـە گەلێ پەنامەكی ئاگاداریان بكاو رووناكبین بین •

وە ئەم ئینسانە هەرچەن یەك جۆرە بەلام ئەصنافی زۆری هەیەو نفووسی ئینسان لە یەك جیاوازن لە غەریزەو صیفات‌و ئەحوالدا ، بازێکیان نفووسیان زۆر پاکە وەکو بلووری صاف ، ئەم بەشە هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ رووناکی دڵ‌و رۆح‌و بۆ کردەوەی بەسوودو بۆ خزمەتکردنی باقی ئادەمیزاد، وە بازێکیان غەریزەو زەوقیان لەسەر زانیاری‌و هونەرو پیشەوەری‌و سوودوەرگرتنە لە مەوادی عەرزی‌و ئاسمانی بە شێوەیەکی بینراو ئەمانە موەفەق بوون بۆ گەلێ خزمەتی دیاری بە نەوعی‌و بە جۆرێ کە هەموو ژیرێ سوپاسی تێکۆشینیان ئەکاو بازێکیشیان غەریزەو زەوقیان لەسەر کاری نابارەو لەسەر بیرو باوەڕی ناهەموار وەکوو زاڵبوون بە سەر ماڵ‌و حاڵ‌و نەفس‌و ناموس‌و دارایی جیهانداو هەمیشە ئەیانەوێ ئاشووب بگێڕن‌و ئاژاوە بنێنەوە •

وە لەم بەشە غەریزە رەشە گەلێکیان هەمیشە پەیوەندییان بە ئەرواحی خەبیثەوە بوەو تێکۆشیون بە هۆی پەیوەندی‌و عەلاقاتی رۆحانیەی غەیرە مەشرووعەوەو کەوتنە شوێنی گومان بگەن بە بازە زانیارییەك‌و بیکەن بە وەسیلەی زاڵبوون بەسەر دڵخوازی خۆیانا ، وە ئەمانە ئەوەندە کارەکانیان ورد بوەو شتی غەیرەعادەتییان کردوە کردەوەکەیان ناوبراوە بە (سیحر) واتە : دڵگرتن‌و وردەکاری‌و خۆیان ناوبراون بە (ساحر)و جادووگەر •

جا ئەم ساحیرانە سێ بەشن :

یەکەمیان ئیش ئەکەن بەس بە هیمەتی دەروونی بە بێ جیهازو کەرەسەی دیاری بە هۆی ریاضاتی نەفسیەی غەیرە مەشرووعەو پەیوەندی لەگەڵ بازێ شتی نارەواوەو ئەمانە بە تایبەتی لە ناو (فلاسفە)دا پێیان

ئەڵێن ساحیرو ، کاری گەورە ئەکەن وەکو خودا فەرموویەتی لە قورئانا : (فیتعلمون منهما ما یفرقون به بین المرء وزوجه وما هم بضارین به من احـد الا بأذن الله) •

بەشی دووهەمیان : ئیش‌و کاریان بـە هۆی دیـاریەوەیە وەکو تەماشاکردنی جموجووڵی ئەستێرەکان‌و مانگ‌و رۆژو دەرکەوتن‌و ونبوونی ئەستێرەکان‌و دووری‌و نزیکیان لە یەك‌و بە هۆی تەماشاکردنی عەناصیری مەوجوودات‌و سوودوەرگرتن‌لە خەواصی ژمارەو ژمارەی پیتەکان لە ناوی شەخص‌و ناوی رەفیقەکەی یا وڵاتەکەی یـا دوژمنـەکەی •• ئـەم بەشە پێیان ئەڵێن خاوەن (طلیسمات) ئەمانەیش هەر نەوعە ریاضەتێکی نەفسییان هەیەو لە ریاضەتەکەیانا تەماشای یاسای شەرع‌و دین ناکـەن ، ئەمانەیش هەروا کارو ئاثاری واقیعی لە دەستیان ئەبێتەوە وەکو بە بەراورد دەرکەوتوە لە دنیادا لە قەبیلەی زاڵبوونی تاقمێ بەسەر تاقمێکدا یا دۆستی کەسێ لەگەڵ کەسێ یا دوژمنی کەسێ لەگەڵ کەسێ یا نەخۆشـکەوتنی ئینسانێ یـا خۆشەوەبوونی لە نەخۆشی ، چونکی خودا ئەسبابی زۆری دروست‌کردوەو بەکارهێنانی ئەو ئەسبابانە ئەگەر بە یاسای حەق‌و دین بێ باشەو ئەگەر بـە یاسای دین نەبێ خراپەو حـەرامە وەکو خواردنـەوەی (مسکرات) بۆ گۆشت‌گرتن یا خواردنی تریاك بۆ لاوازبوون • وە هۆی خراپی ئەم کارانە لەبەر ئەوەیە خاوەنەکانیان پەیوەندییان بە دینەوە نیـەو کارەکانیشیان بۆ دنیایەو نارەوایە ، وە گەلێ جاریش لە کارەکەیانا سـەر ناکەون لەگەڵ ئەوەیشدا پارەو ماڵ لە خەڵك وەرئەگرن •

ئەگەرنا ئەگەر زانای نهێنی حورووف‌و ئەوفاق وەکو ئیمامە دینیەکان مادام بە شێوەیەکی رەوا بێ زۆر باشەو گەلێ سوودی هەیە ، وەکو ویفقی (مثلث)ی ئیمامی غەزالی ـ د ـ و ویفقی (مخمس)ی (خالی الوسط) و

باقی ویفقەکان وەکو (گوللەبەند)و (تێغ بەندی) کاك ئەحمەدی شێخ کە مەشرووطن بە چەن شەرطی شەرعی‌یە وەکو بەکارنەهێنانیان لە شتی ناشەرعیداو دەوامی خاوەنەکەیان لەسەر خوێندنی بازێ ویردو صەلاْواتو جنێونەدانو حەرامنەخواردنو بەکارهێنانیان بەرابەر بە ئینسانی خراپ بۆ موسولمانان •

بەشی سێهەم : لە ساحیران ئەوانەی کە بە هۆی چالاکیو دەستسووکیەوەو بە هۆی هێزی (تخیلات)ی خۆیەوە تەئثیر لە دەماخی بازە کەسێکدا ئەکا ، ئەم بەشە سیحرەکەی ناوی (شعوذە) یا (شعبذە)یەو غەیری ئەوە کە دلی خەلك ئەخاتە خەیالاتەوە شتێکی تری واقیعی دروست ناکا ، واتە حەقیقەتێ لەو کەسەوە پەیدا نابێ ئەوە نەبێ کە خەیالی خەلك تێك ئەدا ، وەکو ئەوە بە هۆی رژاندنی جیوە بەسەر گوریسێکدا ئەو گوریسە دێتە هاتوچۆ وەکو مارێ بجوولێتەوەو پەلاماری خەلك بدا ، وەکو خودای تەعالا لە باسی ساحیرەکانی فیرعەوندا فەرموویەتی (یخیل الیه من سحرهم انها تسعی) وە حەزرەتی موسا ــ د ــ لە دلدا لێیان ترسا •

بە کورتی جادووگەر بە هەموو بەشەکانیەوە بریتیە لە کەسانێ کە بە هۆی پەیوەندی لەگەل ئەرواحی پیسی شەیاطینداو بە هۆی ریاضاتی ناشەرعیەوەو بە هۆی بازێ بیرو باوەڕی نامەشرووعەوە ، وە یا بە هۆی بازێ گومانو باوەڕی ناشەرعیەوە وەکو باوەڕ بە تەئثیری ئەستێرەو جموجوولی ئەوانەوە بگات بە بازێ ئاثاری نامەشرووعی وا کە زیان لە بێتاوانان بدا •

وە جیاوازی لە نێوان جادووی جادووگەرانو موعجیزەی پێغەمەرانا لە رووناکی رۆژ دیاری ترە •

یەکەم : ئەمە کە سیحر لە موکتەسەباتەو شتێکە بە کەسبو خوێندنو لە وەختی بەجێهێنانی ئاثاریشیا هەر بە کەسبی (مقدمات)ە بەلاّم موعجیزەی پێغەمەران ــ د ــ بە ئیمدادی خودایی‌و فیوضاتی ئەوو بەخششی پەنامەکیەو بە کەم‌و زۆر پەیوەندی بە کەسبەوە نیە •

دووهەم : موعجیزەی پێغەمەران ــ د ــ وا لەگەڵ بیرو باوەڕی پاكو کردەوەی چاكو خوو رەوشتی بەرزا ، مەبەس لە خوو رەوشتی بەرز ئەوانەیە کە ئادەمیزادی میانەی هۆشیار بە لایەوە باش بن ، وەکو راستی‌و ئەمینی‌و داوێن‌پاکی‌و زمان‌پاکی‌و دڵسۆزی‌و خزمەتکردنی ئادەمیزادو کەرەم‌و وەفا ••• و ئەمانە هەموو صیفەتی پێغەمەرانن ، بەلاّم جادووگەران گیرۆدەی بیرو باوەڕو کردەوەو خوو رەوشتی ناشیرین‌و ناپەسەندن •

هەر بەم فەرقانە فەرق ئەخرێ لە بەینی کەرامەتی ئەولیاو جادووی جادووگەراندا ، کە واتە هەرشتێ لە شێوەی کەرامەت لەسەر دەستی ئینسانی فاسقدا پەیدا ببێ ئەوە (استدراج)ە •

(ولَقَدْ أَوْحَيْنا إلى مُوسى أَنْ اَسْرِ بِعِبادِي فاضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقاً فِي البَحْرِ يَبَساً لا تَخافُ دَرَكاً ولا تَخْشى) (٧٧)

بە راستی پاش ئەو کارەساتە وەحیمان نارد بۆ لای موسا کە شەوڕەوی بکە بە بەندەکانم ، واتە (بنی اسرائیل) ، وە لە دەریای نیلدا رێگەیەکی وشکی بێ‌ئاویان بۆ بکەرەوە ، ئیتر لەوە مەترسە کە سوپای فیرعەون پێتان‌بگەن‌و مەیش‌ترسە لە زیانی پاش دەرچوون لەو ئاوە •

(فَاَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنودِهِ فَغَشِيَهُمْ مِنَ اليَمِّ
ما غَشِيَهُمْ (٧٨) ، وأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُ ومَا هَدى) (٧٩)

جا فیرعەون لەشکری خۆی بە شوێنیانا بردو پاش ئەوە کە تەماشای کرد بەنیئیسرائیلیەکان بە ناو دەریای نیلدا بە بێ زیان ئەڕۆن ئەمیش کەوتە دوایان هەتا گەیشتنە ناو ئاوەکە ، کوتوپڕ شەپۆلی ئەو دەریایە داگیری کردنو هات بەسەریانا ئەوەی کە هات بەسەریانا لە ئاوی ئەو دەریایە • وە فیرعەون بەم کەوتنە شوێنی موساو بەنیئیسرائیلە گەلەکەی خۆی گومڕا کردو شارەزای نەکردن بۆ ڕێگەی رزگاری ، ئەگەرنا ئەوانیش نەدەخنکان وەکو موساو کۆمەڵەکەی • وە یاخود بەم دوژمنایەتی فیرعەونە بۆ موساو هاروون گەلەکەی خۆی گومڕا کردو ڕێگەی راستو ئایینی راستی پیشان نەدان •

(یا بَنِي إِسْرائيلَ قَدْ أَنْجَيْناكُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ ووَاعَدْناكُمْ
جانِبَ الطُّورِ الايْمَنَ ونَزَّلْنا عَلَيْكُمُ المَنَّ والسَّلْوى) (٨٠)

ئەی بەنی ئیسرائیل بە راستی منەتی من زۆرە لەسەرتان ، وەك لەسەر زمانی موسا هەندێکمان بۆ گێڕانەوەو وتمان : من ئێوەم رزگار کرد لە دوژمنەکەتان کە فیرعەونو سوپاکەی بووو وەعدەمان پێدان (واتە بە موسا کە گەورەیانە) بە نازلکردنی تەورات لە لایەنی راستی کێوی طورەوە لە کاتی بڕیاردراوداو قەرارمان دا کە گەزۆو شەلاقە بیارێنین بەسەرتانا لە کاتی سەرگەردانیدا لە دەشتی سینادا •

(كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ ما رَزَقْناكُمْ ، ولا تَطْغَوْا فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِي ، ومَنْ يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِي فَقَدْ هَوَى) (٨١)

وە بخۆن لە خواردەمەنیە بەلەزەتەکان لەوەی کە کردوومە بە ژیوارتانو لە حەق لامەدەن ، واتە بە حەرام پەیدای مەکەنو دەس بلاّوی تێدا مەکەنو لە حەراما صەرفی مەکەن هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە رقو قاری من نازڵ ببێتە سەرتان ، وە هەرکەسێ قاری منی بێتەسەرو من رقم لێیهەڵسێ ئەوە کەوتووو داماوو بەهیلاكچوو ئەبێ •

(وإنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تابَ وَآمَنَ وعَمِلَ صالِحاً ثُمَّ اهْتَدَى) (٨٢)

وە بە راستی من تاوانبەخشم بۆ ئەو کەسە کە تۆبە بکاو بگەڕێتەوە بۆ لای خوداو ئیمانو باوەڕی بە دین هەبێو کردەوەی باش بکاو لە پاش ئەمانە بەردەوام بێ لەسەر رێڕەوو رێگەی راستی خۆی •

(ومَا أعْجَلَكَ عَنْ قَوْمِكَ يا موسى (٨٣) ؟ قالَ هُمْ اولاءِ عَلَى أثَرِي وعَجِلْتُ إلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَى) (٨٤)

حەزرەتی موسا لە پاش ئەوەی لە ئاوی نیل پەڕییەوەو بەنی ئیسرائیلی لە سینادا دامەزراند لەگەڵ کۆمەڵێکی حەفتاکەسی لە ئەشرافی بەنیئیسرائیلدا رۆیشت بۆ کێوی طور بۆ ئەوە کە کتێبی خودایی وەربگرێ ، جا کاتێ نزیکی طور بوونەوە حەزرەتی موسا لە بەر ئیشتیاقی خۆی گەلەکەی بەجێهێشتو رۆیشت بۆ شوێنی گفتوگۆکەی ، لەوێدا خودا بە میهرەبانی خۆی پرسیاری

لیَ کرد : بۆچی لە گەلەکەت پێشکەوتیو ئەوانت بەجیّ هێشت ؟ ئەویش عەرزی کرد : خودایە گەلەکەم ئەوەتا وا بە شوێنما دێن ، بەلاّم من لەهاتندا پەلەم کرد بۆ لای تۆ بۆ ئەوە زووتر بەندەیی خۆم رابگەیەنم لە حوزووردا ، بەلْکو لیّم رازی ببی •

(قالَ : فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنْ بَعْدِكَ وَاضَلَّهُمُ السَّامِرِيّ) (٨٥)

خودا فەرمووی : ئەی موسا پاش ئەوە کە تۆ گەلەکەت بەجیّهێشت ئێمە ئەوانسان گیرودەی دەردی ناهەمواری دلْتێکدەر کردو (سامری) هۆی ئەوە بوو کە ئەوان کەوتنە ئەو فیتنەوەو گومڕای کردنو تووشی ئازاری کردن •

(فَرَجَعَ موسى إلى قَوْمِهِ غَضْبانَ اَسِفاً قالَ : يا قَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وعْداً حَسَناً ؟ أَفَطالَ عَلَيْكُمُ العَهْدُ ؟ أَمْ أَرَدْتُمْ أَنْ يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ من رَبِّكُمْ ؟ فَأَخْلَفْتُمْ مَوْعِدِي !) (٨٦)

جا موسا پاش وەرگرتنی تەورات گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی بە حالّی قارو ئازاری دەروونو خەمەوەو کۆمەلّەکەیش لەگەلّیا هاتنەوە ، کاتیّ گەیشتن بە جێگەی گشتی حەزرەتی موسا رووی کردە بەنی ئیسرائیلیەکانو فەرمووی : ئەی کۆمەلّی من ئایا خودای تەعالا وادەی باشی نەدا بە ئێوەو نەیفەرموو کە من لەگەلْ کۆمەلّی ئێوە بڕۆم بۆ طور هەتا کتێبی یاسای دینو

دنیاتانبۆبێنمو بۆ خۆمان لەسەر خوداپەرستی بژینو بمرین ؟ ئایا ماوەی جیابوونەوەی من لە ئێوە درێژەی کێشا زیاد لەوە بڕیارمان دابو ؟ یـا هەر ویستتان کە قاری خودا بیارێ بەسەرتانا وەها کە موخالەفەی ئەو پەیمانەتان کرد کە لەگەڵ منـــدا بە ســتبووتان ، وا خۆتان بەدبەخت کرد بـــە گوێرەکەپەرستی ؟

(قالوا : ما اَخْلَفْنا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنا ، ولكنَّا حُمِّلْنا أَوْزاراً مِنْ زِينَةِ القَوْمِ فَقَذَفْناها فَكَذلِكَ أَلْقى السَّامِرِيّ (٨٧) فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلاً جَسَداً لَهُ خُوار • فَقالُوا : هـــذا إِلهُكُمْ وإِلهُ موسى ! فَنَسِي) (٨٨)

قەومەکە لە وەلامی حەزرەتی موسادا بە شێوەی عوزرهێنانەوە عەرزیان کرد : ئێمە خۆمان لە خۆمانەوە بە ئارەزووی نەفسی خۆمان موخالەفەی پەیمانی تۆمان نەکرد ، بەلام خۆت ئەزانی ئێمە چەن بارێکی زۆرمان خشڵو زێڕی قیبطیەکان بە کۆڵەوە بوو کە ژنەکانمان بە شێوەی خواســـتەمەنی هێنابوویان بۆ خۆجوانکردنی ژنان لە رۆژی جەژنی یاساییداو سامیری زەڕەنگەر هات بە ناوی ئامۆژگاری ئایینەوە پێی وتین : ئەم زێڕی ژنانــە ماڵی کافرانەو بۆ ئێمە رەوا نیە لە بەر ژنەکانمانا بێو باوەڕم وایە موسا لە شوومیو نەگبەتی ئەم ماڵە حەرامە کە لای ئێمەیە وا دواکەوتو لە کێوی طور ماتڵ بوو ، چاك وایە کە بیبانهاوینە ناو ئاگرەوە ، ئێمەیش هــەموو خشڵەکەمان فڕەدایە ناو ئەو شوێنەوە ئەو نیشانی داینو (ســامیری)یش هەرچی لەلا بو لە زێڕو خشڵ فڕەی دایە ناو ئاگرەکە •

وە لەبەر ئەوە کە سامیری زەڕەنگەرێکی زۆر کارامە بو ئەو زێڕانەی هەموو تواندەوەو قاڵبێکی بە ئەندازەی لەشی گوێرەکە بۆ دروستکردو ئەو زێڕە تواوەیە هەموو رژاندە ناو قاڵبەکەوەو لە پاش ساردەوەبوونی لەشی گوێرەکەیەکی لێ دەرچوو کە لەشێ بوو قوڕەی ئەهات وەکو گوێرەکەی راستەقینە •

وە پاش ئەوە ئەو گوێرەکەی بەو شێوە دەرکرد وتی بە بەنی ئیسرائیل: ئەمە خودای ئێوەو خودای موسایەو موسا بەمەی نەزانیوەو لە بیری چوە کە خودای ئەوە بۆیە رۆیشتوە بۆ کێوی طور بە شوێنیا ئەگەڕێ •

(أَفَلا يَرَوْنَ أَلاَّ يَرْجِعُ إِلَيهِمْ قَوْلاً ؟ ولا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرّاً ولاَ نَفْعاً ؟!) (٨٩)

ئایا ئەم گەلە نەفامە لەوە ئاگادار نین کە ئەم گوێرەکەیە وەڵامی قسەیەکیان ناداتەوەو لە واقیعیشدا خاوەنی سوودو زیانێ نیە بۆ ئەوان ؟ واتە : هەر شتێ کە بە جێگەی هاناو هاوار دابنرێ ئەگەر مادی بێ ئەوە پێویستە هۆش‌و گۆش‌و قسەو باس‌و دەرزو تالیمێکی ببێ هەتا ئینسان بکەوێتە شوێنی ، وە ئەگەر غەیبی بێ‌و بە دەلیل دۆزرابێتەوە پێویستە دەستەڵات‌و هێزێکی ببێ کە بەو هێزە قازانج‌و زیان بگەیەنێ ، قازانج بۆ دۆست‌و زیان بۆ دوژمن ، وە ئەم گوێرەکە کە مادییە لە بارەی یەکەم بێ بەشەو لە بابەتی مەعنەویات‌و غەیبیاتیشەوە لە بارەی دووهەم بێ بەشە ، کە وابێ پەرستنی شتی وا شایاوی ژیر نیە ، بەس ئەو گەلە بەدبەختە لەبەر خووگرتنیان بە بتپەرستیەوە بازێ لە قیبطیەکان‌و بە تایبەتی ئەوانەی لەم بەری نیل دانیشتبوون بەم جۆرە گومانە گومڕا بوون •

پەنـا بـە خودا لـە بای (اشتباه)
لـە نەفـامی دڵ لـەچارەی سـیاه

(ولَقَدْ قالَ لَهُمْ هارونُ مِنْ قَبْلُ : يا قَوْمِ إِنَّما فُتِنْتُمْ بِهِ ، وإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمنُ ، فاتَّبِعوني وأَطيعُوا أَمْرِي) (٩٠)

وە بە راستی حەزرەتی هاروون کاتێ ئاگاداری ئەو رووداوە نابارە بوو پێی فەرموون : بە راستی ئێوە تووشی فیتنەو دڵتێکچوونو باوەڕی خراپ بوون بە هۆی ئـەم گوێرەکە داڕێژاوەوەو . خودای ئێوە ئەو خودا میهرەبانەیە کە ئێوەی لەو هەموو کوشتارو سـوخرەو کاری ناهەموارو بێگارەو سووککردنە رزگارکرد ، دەی بکەونە شوێن منو فەرمـانی من وەربگرن •

(قالُوا : لَنْ نَبْرَحَ عَلَيْهِ عاكِفِينَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَيْنـا مُوسى) (٩١)

ئەوانیش وتیان بە هاروون : قەت واز لەم گوێرەکەپەرستیە ناهێنین تا موسا دێتەوە بۆ لامان ، جا ئەوسا ئەگەر ئەو مەنعی کردین لە پەرستیاری ئەو گوێرەکە تەرکی ئەکەین •

(قالَ يا هارُونُ ما مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوا (٩٢) أَلاَّ تَتَّبِعَنِ ؟ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِي ؟) (٩٣)

کاتێ حەزرەتی موسا هاتەوە بۆ ناو قەومەکەی بە دڵگرانیو زویریەوە فەرمووی بە هارون : ئەوە چی تۆی مەنعکرد لەو کاتەدا کە تەماشات کرد گومرا بوون بە هۆی ئەو گوێرەکەناموبارەکەوە لەوە کە بکەویتە شوێن یاسای من لە بانگکردنی خەڵکا بۆ خوداپەرستی ئایا تۆ نافەرمانی ئەمری منت کرد ؟ وە بە توندی نەوی لە مووی سەریو مووی ریشی راکێشاو ئازاری گەیاند بە هارون •

﴿ قالَ : يا ابْنَ اُمَّ لا تَأْخُذْ بِلِحْيَتي ولا بِرَأْسي ، إنّي خَشيتُ أَنْ تَقولَ : فَرَّقْتَ بَيْنَ بَني إسْرائيلَ ! ولَمْ تَرْقُبْ قَوْلي ﴾ (٩٤)

حەزرەتی هارونیش بە تکاوە بانگی کرد لە موساو فەرمووی : ئەی کوڕی دایکم مووی ریشم مەگرەو مووی سەرم رامەکێشەو ئازارم مەدە ، من بۆیە لە ئامۆژگاری بەولاوە هیچم نەکرد ترسام ئەگەر هاوار ببەم بۆ بەنیئیسرائیلو بازێکیان بێنم بۆ سەر گوێرەکەپەرستەکانو لێیان بدەنو مەنعیان بکەن کە ئەو قەومە ببن بە دوو بەشەوەو تۆیش بڵێیت : تۆ بەنی ئیسرائیلت لە یەك جیاکردەوەو تەماشای قسەو دەرزی منت نەکرد ئەو قسە کە پێم وتی لە جێگەی مندا دانیشە لە ناو گەلەکەماو چاودێرییان بکە •

﴿ قالَ : فَما خَطْبُكَ يا سامِرِيُّ ؟ ﴾ (٩٥)

جا کاتێ موسا ئاگادار بو لەوە کە فیتنەکە هەمووی بە هۆی سامیریەوە بوە رووی کردە سامیریو پێی وت : پێم بڵێ ئەی سامیری مەبەستت چیبوو چیت ئەوێ لەم ئیشە ناپەسەندە کە کردت ؟

(قالَ : بَصُرْتُ بِما لَمْ يَبْصُروا بِهِ ، فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِنْ اَثَرِ الرَّسولِ فَنَبَذْتُها ، وكَذلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي) (٩٦)

سامیری وەلآمی حەزرەتی موسای داوەو وتی : من ئاگادار بووم لەو شتە کە خەڵك ئاگایان لێ نەبو، واتە تەماشای ئەو حەیوانەم کرد کە جوبرەئیل سواری بووبوو ئەمبینی پێی لە هەر لایێ دائەنا خاکی ژێر پێی سەوز ئەبو، یانی گیای لێ ئەڕواو حاڵی بووم کە شوێن پێی ئەو حەیوانە نهێنیەکی ژیانی تیایە ، جا مشتێ خۆڵم لە شوێن پێی وڵاخەکەی هەڵگرتو ئەو خۆڵەم فڕەدایە ناو ئاڵتوونە تواوەکە کە کردبوومە ناو قاڵبەکە، وە نەفسم وای بۆ ڕێکخستمو خودای تەعالا گیانی کرد بە بەرا •

(قالَ : فاذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي الحَياةِ اَنْ تَقولَ : لا مِساسَ ، وإِنَّ لَكَ مَوْعِداً لَنْ تُخْلَفَهُ ، وانْظُرْ إلى إِلهِكَ الَّذِي ظَلْتَ عليْهِ عاكِفاً ؛ لَنُحَرِّقَنَّهُ ثُمَّ لَنَنْسِفَنَّهُ فِي اليَمِّ نَسْفاً !) (٩٧)

جا حەزرەتی موسا لە خودا پاڕایەوە کە حاڵەتێکی وا بدا بەسەر سامیریدا هەتا لە دنیادا ماوە هەر کەسێ دەستی بکەوێ لە لەشی هەردوکیان تووشی (تا) بین ، وە خودای تەعالا دۆعاکەی گیرا کرد ، جا موسا فەرمووی بە سامیری : بڕۆ دووربکەوەرەوە لەم کۆمەڵەو ئەوە بەشت بێ لە ماوەی ژیندا کە بانگ بکەی لە خەڵکی بڵێی : (کەس نزیکم نەکەوێو دەستم لێ نەدا !) هەتا نەخۆش نەکەونو بە ڕاستی کاتو وەختێکیش بۆ سزادانی تۆ دانراوە کە لێی ڕزگار نابی کە ڕۆژی قیامەتە ، وە سەیری ئەو بتەیش کە کە ئەتپەرستو بەسەریا کەوتبووی ، وەڵڵاهی بە تەواوی ئەیسووتێنمو پاش

ئەوە هەڵیئەوەشێنم بەسەر ئاوی دەریادا به هەڵوەشاندن ، وە حەزرەتی موسا ئەو قەوارەی گوێرەکەیە بە ئاگر سووتان و خۆڵەکەی وەشاند بە رووی دەریادا •

بزانن ! خاوەن تەفسیرەکان دەربارەی گوێرەکەی بەنی ئیسرائیل دوو بیریان هەیە :

یەکەم : ئەو گوێرەکەیە گیانی چوو بە بەراو بە فەرمانی خودای تەعالا بوو بە گوێرەکەیەکی تەواوو زاهیری ئایەتی (قال : بصرت بما لم يبصروا به •••) لەسەر ئەم بیرەیە •

دووەم ئەمەیە : کە ئەو گوێرەکە زیندوو نەبو بەڵکو هەر قەوارەکەی قەوارەی گوێرەکە بو وە بە هۆی صەنعەتەوە کارێکی وەهای کردبو کە بە گوێرەی دەسلێدانێ یاخود بازێ کردەوەی تایبەتیەوە دەنگی لێوە ئەهات • وە زاهیری ئایەتی (لنحرقنه) لەسەر ئەم مەعنایە ؛ چونکی دروست نیە هیچ گیانلەبەرێ بە ئاگر بسووتێنرێ و سزادان بە ئاگر هەر بۆ زاتی خودایەو کەس بۆی رەوا نیە گیانلەبەران بسووتێنێ •

(إِنَّمَا إِلَٰهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا) (٩٨)

نەوەك خودای ئێوەیە مەگەر ئەو خودایە کە ناوی (الله)یەو هیچ مەعبوودێ راستو حەق نیە ئەو نەبێو هەموو شتێکی داگرتوە لە هۆی زانیاریەوە •

(كذلِكَ نَقُصُّ علَيْكَ مِنْ أنْباءِ ما قَدْ سَبَقَ ، وقَدْ آتَيْناكَ مِنْ لدُنّا ذِكْراً) (٩٩)

بەو جۆرە کە باسی موساو بەنی ئیسرائیلم بۆ گێڕایتەوە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ لە ئەخبارو سەرگوزەشتەی ئەو ئادەمیزادانە کە پێش زەمانی تۆ کەوتوون لەبەر چاوڕوونیو زانیاری تۆو بۆ زۆرکردنی موعجیزاتی تۆ لە جیهاناو بە راستی کتێبێکمان بۆ ناردیو مەوسووعەیەکمان لە لایەنی خۆمانەوە پێدای کە هەموو ئەو باسانەی تیادابێو لە عەینی حالا ئەو کتێبە ئەوانەی تێدایە زیکرە بۆ خوداو خوێندنەوەی عیبادەتەو یادە بۆ تۆو بۆ ئومەتی موسولمانو باسکردنی پیرۆزیو سەعادەتە •

(مَنْ أعْرَضَ عَنْهُ فإنَّهُ يَحْمِلُ يَوْمَ القِيامَةِ وِزْراً) (١٠٠)

هەر کەسێ ئیعراز بنێو روو هەڵچەرخێنێو تەنیشت هەڵسووڕێنێ لەو زیکرەو باوەڕی پێی نەبێ ئەوە لە رۆژی قیامەتا بارێکی قورس هەڵئەگرێ لە تاوانباریو شەرمەساری •

(خالِدينَ فِيهِ وساءَ لَهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ حِمْلاً) (١٠١)

حاڵیان وەهایە ئەمێننەوە لەو کارەداو لە ژێر ئەو بارەدا هەتا هەتایەو ئەو بارە زۆر زۆر خراپو نابارە بۆ ئەوان لە هۆی هەڵگرتنەوە •

(يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ ونَحْشُرُ المُجْرِمِينَ ـ يَوْمَئِذٍ ـ زُرْقاً (١٠٢) يَتَخافَتُونَ بَيْنَهُمْ إنْ لَبِثْتُمْ إلاَّ عَشْراً) (١٠٣)

له‌و رۆژه‌دا كه فوو ئه‌كرێ بـه (صور)او تاوانباره‌كان لـه گۆڕ هه‌ڵئه‌ستێنین‌و گردیان ئه‌كه‌ینه‌وه به حاڵی چاوشینی یانی كوێری‌و نابینایی له ناو خویانا له‌و رۆژه‌دا به په‌نامه‌كی قسه ئه‌كه‌ن‌و ئه‌ڵێن: ئێوه لـه دنیادا نه‌ماونه‌ته‌وه ده رۆژێ نه‌بێ •

(نَحْنُ اَعْلَمُ بِما يَقولُونَ ، إذْ يَقولُ اَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً : إنْ لَبِثْتُمْ إلاَّ يَوْماً) (١٠٤)

ئێمه زاناترین له هه‌موو كه‌سێ به‌وه‌ی له ناو خۆمانا ئه‌یلێین له‌و كاته‌دا كه زاناترو ماقووڵتریان له رێگه‌ی حورمه‌ت‌و ئیعتیبـاره‌وه ئه‌ڵێت بـه هاوڕێكانی : ئێوه له دنیادا نه‌ماونه‌ته‌وه تاقه رۆژێ نه‌بێ ، جـا ئـه‌م كه‌م‌ته‌ماشاكردنی ماوه‌ی مانه‌وه‌یانه له دنیادا یا له‌به‌ر ئه‌وه‌یه مه‌دهۆش بوون‌و ئاگایان له ماوه‌ی مانه‌وه‌یان نیه ونامێنێ ، وه یا به نیسبه‌تی ماوه‌ی نه‌بڕاوه‌ی قیامه‌ته‌وه‌یه •

(وَيَسْأَلونَكَ عَنِ الجِبالِ فَقُلْ : يَنْسِفُها رَبِّي نَسْفاً (١٠٥) فَيَذَرُهَا قاعاً صَفْصَفاً (١٠٦) ، لا تَرى فِيها عِوَجاً ولاَ اَمْتاً (١٠٧)

پرسیارت لێ ئه‌كه‌ن له وه‌زعی كێوه‌كان له كاتی فووكردن به (صور)! تۆ ئه‌ی خۆشه‌ویست پێیان بڵێ : خودای ته‌عـالا ئه‌و كێوانـه پرژو بڵاو ئه‌كاته‌وه ، واته ئه‌یانهاڕێ به یه‌كا وه‌كو ورده لمی رووبار جا به فه‌رمانی ئه‌و با هه‌ڵیان ئه‌گرێ‌و به ئاسمانا بڵاویان ئه‌كاته‌وه‌و جێگه‌كه‌یان ئه‌كا بـه ده‌شتێكی راست‌و بێ‌قۆرت‌و گرێ‌و كۆسپ ، به جۆرێ ئه‌گه‌ر تۆ به ئامرازی هه‌نده‌سه بۆی بڕوانی لاری‌و نارێكی‌و به‌رزی‌و نزمی تێدا نابینی •

(يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعونَ الدَّاعِيَ لا عِوَجَ لَـهُ ، وخَشَعَتِ الأَصْواتُ لِلرَّحْمنِ فَلا تَسْمَعُ إلاَّ هَمْساً !) (١٠٨)

لەو رۆژەدا ئەکەونە شوێنی ئەو مەئموورە بانگیان ئەکا بۆ کۆمەڵگا بە جۆرێ هیچ بانگکراوێ لاری لاساری گوێنەگر نیە بۆ ئەو بانگکەرە ؛ چونکی هەمووی وەکو راکێشراوی هێزی کارەبا وەهـــا مەجبوورن بۆ دەرچوونو کەوتنە رێگا ، وە دەنگی خاوەن دەنگان نزم ئەبێتەوە لە ترسی خودای میهرەبانو نابیسی دەنگێکی پەنامەکی ژێرلێوی نەبێ •

(يَوْمَئِذٍ لا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ إلا مَنْ اذِنَ لَهُ الرَّحْمنُ ورَضِيَ لَهُ قَوْلاً) (١٠٩)

لەو رۆژەدا کە ئەو کارەساتە روو ئەدا شەفاعەتو تکاکاری قازانج ناگەیەنێ شەفاعەتو تکاکارێ کەسێکی خاوەن رێزی وا نەبێ کە ماوەی قسەکردنو تکاکردنی پێدرابێ بۆ داوای لێخۆشبوون لە تاوانباران • یاخود تکا قازانج بە هیچ تاوانبارێ نادا مەگەر ئەوەی کە خودا ئیجازەی داوە تکای بۆ بکرێو رازی بوە بەقسەو پارانەوەی بۆ عەفوکردن •

(يَعْلَمُ ما بَيْنَ ايْدِيهِمْ وما خَلْفَهُمْ ولاَ يُحِيطُونَ بِـهِ عِلْماً) (١١٠)

ئەو خودایە کە ئەونە زانایەو ئاگادارە ئەزانێ بە هەر حاڵو ئەحواڵێ کە بوویانە لە پێشداو لە دوادا •

واتە زانایە بە هەر حاڵێ بێ
چ رابوردبێ چ لەمەولا بێ

بەڵام ئەوان ناتوانن ئیحاطە بدەن بە زاتو صیفاتو ئەفعالی خودادا بە زانیـــاری •

زەرەیێ ون بێ کاتی ســـیاهی
نازانێ حـــاڵی (لا متنـــاهی)

(وعَنَتِ الوُجُوهُ لِلْحَيِّ القَيُّومِ وقَـدْ خابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْماً) (١١١)

لەو رۆژەدا کە رۆژی حسێبو مێزانەو کاتی دەرکەوتنی تاعـــەتو تاوانە هەموو خاوەن روخسارێو هەموو حورمەتدارێ کز ئەبێ لەبـــەر بارەگای گەورەیی ئەو خودایە کە زیندوە هەتاهەتایەو راگری هەموو دنیایە، وە بەراستی نائومێدو بەدبەختو چارەڕەشە ئەو کەســـە کە باری کوفرو بێ‌ئیمانی هەڵگرتبێ •

(ومَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّـــالِحاتِ ــ وهُوَ مُؤْمِنٌ ــ فَلا يَخافُ ظُلْماً ولاَ هَضْماً) (١١٢)

وە هەرکەسێ کردەوەی پەسەند بووبێو لە کارە باشەکان بازێکی بەنرخی کردبێ ، وەلحاڵ کردەوەکەی لەگەڵ ئیمانو باوەڕا بووبێ ، ئـــەوە لەوە ناترسێ کە ستەمی لێ بکرێو حەقەکەی زایە ببێو ناترسێ لەوە کـــە کەمو کووڕی بکەوێتە ئەو جەزایەوە کە لە (دار القضا)دا بۆی بڕیار دراوەە

(وكذلِكَ أَنْزَلْناهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً وصَرَّفْنا فِيهِ مِنَ الوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثَ لَهُمْ ذِكْراً) (١١٣)

وە بە وێنەی ناردنی ئەم ئایەتانە کە رەهنموونی ئادەمیزاد ئەکەن بۆ ئەحوالی حەشرو حسێبو مێزان •• وەها ئەم کتێبەمان رەوانە کردوە بۆ لای تۆ کە حالی وەهایە قورئانێکە بە زمانی گەلەکەی تۆیە کە عەرەبن ، وە لەو قورئانەدا بە گەلێ جۆری جیاواز هەڕەشەمان تێدا کردوە لە تاوانباران بە هیوای ئەوە کە ئەو گەلە لە خودا بترسن بە ترساندنێکی وا مەنعیان بکا لە تاوانکردن یاخود بە وەعزو ئیرشاد یادێ بخاتە دڵیانەوە •

(فتعالى اللهُ المَلِكُ الحَقّ !)

دەی زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە ناوی (الله)یەو پادشاهێکی دامەزراوەو نیازمەندی کەس نیە •

(ولاَ تَعْجَلْ بِالقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وقُلْ : رَبِّ زِدْنِي عِلْماً) (١١٤)

وە پەلەپەل مەکە لە وەرگرتنی قورئانا لە جوبرەئیل بەر لەوە کە ئەو بە ساغیو سافی جوملەکان تەواو بکا ، با جوملەکانتان لێ نەشێویێو باش وەری بگرن ، وە بڵێ : پەروەردگارا زانیاریم بۆ زیاد بکە ، بۆ ئەوە کە بیرت باش ئەو ئایەتانە وەربگرێو لە لای خۆی رایانبگرێو بۆ ئەوە باش لە ماناکانیان ئاگادار ببی •

(ولَقَدْ عَهِدنا إلى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِي ولَمْ نَجِدْ لَـهُ عَزْماً) (١١٥)

وە بە راستی لەمەوبەر ئامۆژگاریو پەیمانکاریمان کرد لەگەڵ ئادەمی باوکتانا ئەویش پەیمانەکەی لەبیرچوەوەو هێزی ئامۆژگاری راگرتنمان تێدا نەدی •

(وإذْ قُلْنـا لِلمَلائِكَةِ : اسْـجُدوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إلاّ إبْلِيسَ أَبَى) (١١٦)

وە باسی ئەوە بکە کە وتمان بە مەلائیکەکان : سوجدەی رێز بـبەن بۆ ئادەمو ئەوانیش هەموویان سوجدەیان بۆ برد ، شەیتان نەبێ ، ئەو خۆی گرت لە بەجێهێنانی ئەو فەرمانەو سوجدەی نەبرد بۆ ئادەم •

(فقُلْنا : يا آدَمُ إنَّ هذا عَدُوٌّ لَكَ ولِزَوْجِكَ فَلا يُخْرِجَنَّكُما مِنَ الجَنَّةِ فَتَشْقَى !) (١١٧)

ئێمەیش وتمان بە ئادەم : ئەی ئادەم ئەم شەیتانی ناپەسەندە دوژمنی تۆو ژنەکەتە . چونکی تۆ بووی بە هۆی دەرکرانی لە بارەگای رەحمەتو، بۆ ژنەکەیشت ؛ چونکە بە هۆی هەردوکتانەوە گەلێ نەتەوە لـە جیهانـا ئەکەوێتەوەو بەندەیی بۆ خودا ئەکەن ، دەی ئاگادار بن لە خۆتان بە درۆو دەلەسەو بە هۆی وەسوەسەوە لە بەهەشت دەرتان نەکاو بکەونە سـەر زەویو بە هۆی ژیانەوە تووشی ئازار بین •

(إِنَّ لَكَ أَلاَّ تَجوعَ فِيها ولا تَعْرى (١١٨) وأَنَّكَ لاَ تَظْمَأُ فِيها ولاَ تَضْحى) (١١٩)

به راستی بۆ تۆ هەیە لە بەهەشتا ئەم چوار مایە کــــە پایەی ژیانو ژیواری بەختیارانن : تێری و ، پۆشتەیی و تینوونەبوونو ، هەتاونەدان لــە پێستی ئینسان • واتە کراوە بە ماڵ بۆ تۆ برسیت نەبێ لە بەهەشتا ، لە هەر میوەیێ ئەخۆی بخۆ ، وە رووت نەبی لەبەر ئەو پۆشاکی صەدەفی لەشە کە ئیستە هەتە ، لەگەڵ ئەوەدا کە تینووت نابێو گەرما لێت نادا ، وە ئەم چوار مایە کە بۆ تۆ بوون بۆ هاوڕێکەیشت هەنو بەختیــار پێکەوە بێ کەسبێ زەحمەت ئەژین •

(فوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطانُ : قالَ : يا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلى شَجَرَةِ الخُلْدِ ومُلْكٍ لا يَبْلى ؟) (١٢٠)

جا شەیتان ، لەسەر ئەساسی ئەو مۆڵەتە کە خودا پێیدابوو ، کەوتە هاتوچۆو دوودڵکردنی ئادەمو سوێندی بۆ خوارد کە من دڵسۆزم بۆتانو خودای تەعالا بۆیە مەنعی کردوون لە بەری ئەو دارە کە هەتا هەتایە دەوام نەکەن ، بەڵام ئەگەر گوێم لێئەگری من قسەت بۆ ئەکەم ، وتی : باشە بڵێ، وتی : ئایا شارەزات بکەم بۆ سەر دارێ کە ئەگەر لە بەرەکەی بخۆی هەتا هەتایە دەوام بکەیو موڵکێکی وەهات دەسبکەوێ لەناو نەچێ ، واتــــە دارایی بەری ئەو دارە کەلێی ئەخۆن بە دەوامکردن لە بەهەشتا ؟

(فأَكَلا مِنْها فَبَدَتْ لَهُما سَوْآتُهُما وطَفِقا يَخْصِفانِ عَلَيْهِما مِنْ وَرَقِ الجَنَّةِ وعَصى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوى) (١٢١)

جا پاش ئەو سوێندو پەیمانە ئادەم باوەڕی کردو لەگەڵ دایکە حەوادا چوون لەبەری ئەو دارەیان خوارد کە مەشهوور وایە داری گەنم بوە ، وە پاش ئەوە لەو گەنمەیان خوارد بە عادەت گیرۆدەی وەزعی ئادەمیزاد بوون وە ئەو پێستە صەدەفیە جوانە لەبەریانا بوو کشایەوەو نەما لەسەر لەشیانو عەورەتیان دەرکەوتو بە تالووکە دەستیان کرد بە گردکردنەوەی گەڵاداری بەهەشتو خۆیان پێداپۆشی . وە بە راستی ئادەم لە فەرمانی خودا دەرچوو ئەو مەطلووبە باشە کە مانەوە بو لە بەهەشتا لە دەستی دەرچوو قەزاکە رابورد .

(ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وهَدَى) (١٢٢)

لە پاش ئەوە کە تیری قەزا لە کەوانی ئیرادە دەرچوو حەزرەتی ئادەم ــ د ــ پەشیمانەوە بو خودا ئادەمی هەڵبژاردو بە میهرەبانی چەن واتەیەکی لاڵەو پاڵەی نیشان دا وەکو ئەوە فەرمووی : (ربنا ظلمنا انفسنا وان لم تغفر لنا وترحمنا لنکونن من الخاسرین) .. خودای تەعالا ئەو لاڵەیە لێ وەرگرتو تەوبەکەی قەبووڵ کردو هیدایەتی دا بۆ دەوام لەسەر ئەو تەوبەیەو وەرگرتنی ئەسبابی عیصمەت .

(قالَ : اهْبِطا مِنْها جَمِيعاً بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ . فإمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدىً فَمَنِ اتَّبَعَ هُدايَ فلاَ يَضِلُّ ولاَ يَشْقى) (١٢٣)

جا خودای تەعالا پاش ئەوە کە ئادەمی عەفوکرد لەو فەرامۆشکردنی فەرمانە فەرمووی : تۆو حەوای هاوڕێت داپەڕنە خوارەوە بۆ سەر زەوی

بۆ ژیان‌و نەتەوە بلاوکردنەوە بە جیهاناو بازێکتان ئەبێ بە دوژمن بۆ بازێ لەبەر ئەوە بە هۆی ژیوارەوە هەرکەسێ ئەیەوێ هەرچی باش بێ رایکێشێ بۆ خۆی‌و هەرچی ناهەموار بێ دووری بخاتەوەو ئەمەیش سەرئەکێشێ بۆ ئاشووب‌و ئاژاوە لەناویانا ، جا کاتێ هیدایەتێ‌و رەهنموونیەك لە لایەنی منەوە هات بۆ لاتان ، واتە کاتێ پێغەمەرێکم نارد بۆ لاتان بۆ شارەزاکردنتان لەسەر چاکەو خراپەو فەرماندان بە چاككرداری‌و دوورکەوتنەوە لە بەدکردەوەیی‌و بۆ چارکردنی گرێ‌و گۆلی ناوتان هەرکەسێ لە ئێوە کەوتە شوێن ئـــەو هیدایەتە ئەوە قەت لە دنیادا گوم نابێ‌و بۆ پاشەڕۆژیش تووشی بەدبەختی نابێ •

(ومَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَـــهُ مَعِيشَةً ضَنْكاً ، ونَحْشُرهُ يَوْمَ القِيامَةِ أَعْمى) (١٢٤)

وە هەرکەسێ لەو هیدایەتە لادا کە هۆی یادی منە ، واتە هەرکەسێ سەرکێشی کرد لە ئیمان‌و باوەڕ بەو پێغەمەرە رەهبەرەو بەو کتێبە کە مایەی هیدایەتی ئادەمیزادە ئەوە لە دنیادا ژیانێکی تەنگی هەیە ، واتە لە دنیادا هەرچەن دارابێ هەر دڵتەنگ‌و بێ تاقەت‌و بێ ئاسایشەو لە رۆژی قیامەتیشا بە چاو کوێری حەشری ئەکەین ، یاخود بە کوێری بەصیرەت‌و عەقڵ‌و هۆش، یاخود بە کوێری لەو کاتەدا کە لە قەبر دەرئەچن هەتا ئەگەن بــە مەیدانی حسێب •

(قالَ : رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمى وقَدْ كُنْتُ بَصِيراً ؟ (١٢٥) قالَ: كذلِكَ أَتَتْكَ آياتُنا فَنَسِيتَها وكذلِكَ اليَوْمَ تُنْسى) (١٢٦)

جا ئه‌و کافره ئه‌ڵێ : خودایا بۆچی تۆ منت به کوێری حه‌شر کردوه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا من له دنیادا چاوساغ بووم‌و چاوم ئه‌بینا ؟ خودای ته‌عالا لــه وه‌ڵاما فه‌رمووی : بۆیه وه‌ها به کوێری حه‌شرم کردی‌و ئازاری دڵم‌دای‌و موخاله‌فه‌ی ئاره‌زووی تۆم کرد ؛ چونکی تۆیش موخاله‌فه‌ی فه‌رمانی منت کرد ، ئه‌وه‌بو ئایه‌ته‌کانی من ئه‌هاتن بۆ لات به رووناکی‌و من حه‌زم وابو که تۆ به‌کاریان بێنی که‌چی تۆ فه‌رامۆشت کردن‌و باوه‌ڕو کارت پێ‌نه‌کردن‌و بێزار بووی لێیان وا تۆیش ئه‌مڕۆ له‌بیرچوویته‌وه‌و فه‌رامۆش کرایت •

(وكذلِكَ نَجْزِي مَنْ اَسْرَفَ ولَمْ يُؤْمِنْ بِآياتِ رَبِّــهِ ولَعَذابُ الآخِرَةِ اشَدّ وأَبْقى) (١٢٧)

هه‌روه‌ها تۆڵه ئه‌سێنینه‌وه له‌و که‌سانه که زیاده‌ڕه‌وی ئه‌که‌ن‌و لـــه فه‌رمان ده‌رئه‌چن‌و ئیمان نایه‌نن به ئایه‌ته‌کانی خودای خۆیان ، واته له دنیادا به دڵته‌نگی‌و ژیواری بێ رووناکی ئه‌یانژێنین • وه بێ گومـــان ســزای پاشه‌ڕۆژ سه‌خته‌تره له سزای دنیاو له دڵته‌نگی له ژیاناو ده‌وامدارتریشه بۆ کافر هه‌تا هه‌تایه •

(افَلَمْ يَهْـــدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنا قَبْلَهُمْ مِنَ القُرونِ يَمْشونَ فِي مَسَاكِنِهِم إِنَّ فِي ذلِكَ لآياتٍ لِأولي النُّهى) (١٢٨)

ئایا هێشتا هه‌ر هیدایه‌تی ئه‌وانی نه‌داوه بۆ ته‌وانایی خوداو تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی له کافران ئه‌مه که چه‌نهای چه‌ن کۆمه‌ڵه ئاده‌میزادمان له خه‌ڵکی ئه‌و چه‌رخانه له پێش زه‌مانی ئه‌وانا بوه له‌ناوچوون وه ئێسته ئه‌مان هاتوچۆ ئه‌که‌ن بـــه

ماواو نیشتمانی ئەوانا بە راستی هەیە لە بەربادکردنی ئەوانا نیشانەو دەلیل لەسەر گەورەیی‌و دەستەلاتی خودا بۆ ئەوانە کە خاوەنی عەقلی ساغ‌و بیری رووناکن •

(وَلَوْلا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَكانَ لِزاماً وَاَجَلٌ مُسَمّىً) (١٢٩)

وە ئەگەر وەعدەییّ دیاری‌کراو نەبوایی‌و کاتێکی تایبەتی زانراو پێش نەکەوتایە لە لایەنی خودای تۆوە بۆ لەناوبردنی ئەم کافرانە ئەوە هاتنی وێنەی سزای قەومە پێشوەکان بۆیان لازم‌و پێویست ئەبو ، بەلاّم مادام وادەی رابوردوەو کات مەعلووم کراوە ئەو سزا نایێ بۆیان هەتا کاتی خۆی •

(فَاصْبِرْ عَلى ما يَقُولونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُروبِها وَمِنْ آناءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَاَطْرافَ النَّهارِ ، لَعَلَّكَ تَرْضى) (١٣٠)

جا مادام وەهایە تۆ خۆت رابگرەو صەبر بکە لەسەر ئەو وتارە نابارانە کە ئەیلێن ، وە نوێژ بکە بۆ خودای خۆت لەگەڵ سوپاس‌و ستایشدا لە پێش دەرکەوتنی رۆژا لە کەناری ئاسمانەوە ، واتە نوێژی بەیانی ، وە لە پێش ئاوابوونی رۆژا ، واتە نوێژی نیوەڕۆو عەصر ، وە لە بازە کاتەکانی شەودا واتە نوێژی شێوان‌و خەوتنان ، وە لە ئەترافی رۆژا یانی ئەوەڵ‌و ئاخر وەکو بەیانی‌و ئێوارە • یاخود مەبەس لە نوێژی (اطراف النهار) نوێژی نیوەڕۆیە کە لە ئاخری نیوەی ئەوەڵ‌و ئەوەڵی نیوەی یەکەمی رۆژایە •

لەسەر ئەم تەفسیرە مەبەس لە (قبل الغروب) هەر نوێژی عەسرە ، بەڵکو بە هۆی نوێژکردنو بەندەیی‌کردنت لەم کاتانەدا خودای تەعالا ئەوەندە پایەت بەرز بکاتە وەو بە دڵخوازی خۆتت بگەیەنێ کە تۆ بە هەموو جۆرێ لە بەش‌و بارەی خۆت رازی ببی •

(ولا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إلى مَا مَتَّعْنا بِهِ أَزْواجاً مِنْهُمْ زَهْرَةَ الحياةِ الدُّنيا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ، ورِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وأَبْقى) (١٣١)

ئەی خۆشەویستم چاو بەرەڵا مەکەو مەڕوانە بۆ ئەو شتانە کە داومانە بە چەن کۆمەڵێ لەو کافرانە بۆ رابواردنی دنیاو کردوومانە بە هۆی جوانی بۆ ژیانی ئەمڕۆیان هەتا بەراوردیان بکەین‌و تاقییان بکەینەوە لەو ژیوارییانەدا، وە ئەو رزقەو ئەو رۆزیە خودای تۆ داویە پێت بۆ رۆژی پاشەڕۆژی نەبڕاوەت ، وە یا ئەو هیدایەتدان‌و شارەزاکردنی عالەمە بۆ رێگەی بەختیاری کە دراوەتە دەستی خۆت گەلێ چاترە لەوەی داومانە بەو کافرانەو زۆرتر دەوام ئەکا ، بەڵکو موناسەبەیان بە یەکەوە نیە •

(وأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلاةِ واصْطَبِرْ عَلَيْهَا لا نَسْأَلُكَ رِزْقاً ، نَحْنُ نَرْزُقُكَ ، والعاقِبَةُ لِلتَّقْوى) (١٣٢)

وە ئەمر بکە بە دانیشتوانی خانەدانی خۆت ، واتە ژن‌و کچ‌و خزمەتکارانت‌و ئەوانەی لە لای تۆ دائەنیشن •• ئەمریان پێ‌بکە نوێژ بکەن بۆ ئەوە هەمیشە پەیوەندیتان بە خوداوە ببێ . وە ئەو نوێژانەیش بکەن بە هۆی نوورانیەتی دڵ‌و خۆگرتن لە کاتی موشکیلاتاو دەوام لەسەر ئیمان‌و

باوەڕی ڕاست ، وە خۆت بگرە لەسەر نوێژکردن لە شەوو ڕۆژاو لە گەرماو سەرماداو لە خۆشیو ناخۆشیدا ، ئێمە داوا ناکەین ڕۆزی خۆتو دانیشتوانی خانەوادەی خۆت بدەی ، بەڵکو ئێمە ڕۆزی تۆیشو ئەوانیش ئەدەین ، کەوابێ دڵی خۆت خاڵی بکە لە هەموو خەیاڵێو هەر ئیطاعەی خودا بکەو بزانە کە ئەنجامی باش لە دنیاو قیامەتا بۆ ئەوانەیە کە خاوەن پارێزن لە تاوانو سەرگەرمی بەجێهێنانی فەرمانن •

(وقالُوا : لَوْلا يَأْتِينا بِآيَةٍ مِنْ رَبِّهِ ! أَوَلَمْ تَأْتِهِمْ بَيِّنَةُ مَا فِي الصُّحُفِ الأُولى ؟) (١٣٣)

کافرەکان وتیانو ئەڵێن : ئەوە بۆچی محەمەد ئایەتێکمان بۆ ناهێنێ لە لایەنی خودای خۆیەوە ! ئایا ئەو ئایەتە ئەوان داوای ئەکەن تا ئێستە نەهاتوە بۆیان ؟ ئایا ئەو قورئانەیان بۆ نەهاتوە کە شایەتە لەسەر ڕاستی ئەوەی کە لە صوحوفی پێشوودا هەیە وەکو صوحوفی ئیبراهیمو تەوراتی موساو ئینجیلی عیساو باقی کتێبە ئاسمانیەکان ؟

(ولَوْ أَنَّا أَهْلَكْناهُمْ بِعذَابٍ مِنْ قَبْلِهِ لَقالُوا : رَبَّنَا لَوْلاَ أَرْسَلْتَ إِلَيْنا رسُولاً فَنَتَّبِعَ آياتِكَ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَذِلَّ ونَخْزى !) (١٣٤)

ئەگەر ئێمە ئەو کافرانەمان لەناو بدایێ بە سزایێ لە پێش ڕەوانەکردنی محەمەدا ــ د ــ ئەیانوت : خودایا بۆچی پێغەمەرێکت بۆ نەناردین هەتا شوێنی بکەوتایەینو باوەڕمان بە ئایەتی تۆ بکردایە پێش ئەوە کە لە قیامەتا ڕسوا ببین !

(قُلْ : كُلٌّ مُتَرَبِّصٌ ، فَتَرَبَّصُوا ! فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَابُ الصِّرَاطِ السَّوِيِّ وَمَنِ اهْتَدَى) (١٣٥)

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرمو بەو کافرە بەدبەختانە : هەموو لایەك لە منو ئێوە چاوەڕێی دڵخوازی خۆی ئەکا • واتە ئێوە داوای ئەوە ئەکەن کافرەکان بنەوتێنو ئێوە لە جێگـــەی ئەوانا دابنیشنو دینی ئیســـلام بڵاوبکەنەوە ، وە کافرەکان چاوەڕێی ئەوە ئەکەن ئێمە لە ناوبچین . دەی چاوەڕێ بکەن جا لەمەولا ئەزانن کێن ئەوانە کە خاوەنی ڕێگەی ڕاستنو کێن ئەوانە کە لە دینی ئیسلاما شارەزاییان پەیدا کردوە !

الحمد لله رزگاربووم لە تەفسیری سوورەتی (طه) لە شەوی چوارشەمەی سەرەتای مانگی قوربانی ١٣٩٨ ی کۆچیدا کە ڕێکەوتی ١ـ١١ـ١٩٧٨ی زایینی ئەکات •

سووره‌تي (الانبياء) مه‌كييه ، ١١٢ ئايه‌ته ،
دواى سووره‌تي (ئيبراهيم) هاتوه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(إقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسابُهُمْ وهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُعْرِضُونَ) (١)

نزيك بوه‌ته‌وه بۆ ئه‌و كافرانى مه‌كه‌يه كاتى حسێبكردنى كرده‌وه‌يان له قيامه‌تا ؛ چونكى به نيسبه‌تى زه‌مانى رابوردوه‌وه كه‌مێ له ته‌مه‌نى دنيا ماوه ، وه‌لحالْ هه‌ر وان له بێ‌ئاگاييدا له بيرو باوه‌ڕو كرده‌وه‌ى خۆياندا و ئيعرازيان ناوه له وه‌رگرتنى فه‌رمانى خوداى ته‌عالاو ده‌واميان هه‌يه له‌ســه‌ر كوفرو سه‌رپێچى •

(ما يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ إلاَّ اسْتَمَعُوه وهُمْ يَلْعَبُونَ (٢) لاهِيَةً قُلوبُهُمْ وأَسَرُّوا النَّجْوى الَّذِينَ ظَلَمُوا : هَلْ هذا إلاَّ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ؟ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وأَنْتُمْ تُبْصِرُونَ ؟!) (٣)

ئايه‌تێ نايێ له لاى خوداى ميهره‌بانه‌وه به تازه‌يى ئيللا ئه‌وان گوێى بۆ ئه‌گرن كه‌چى گاڵته‌ى پێ‌ئه‌كه‌ن‌و حاڵيان وايه دڵيان له‌وه غافڵه بيرێ بكه‌نه‌وه‌و

بزانن چی هەیە لە مەعنای ئەو ئایەتەدا بۆ ئەوە بشێ سوودێکی لێوەربگرن، وە ئەو کافرە ستەمکارانە لەناو خۆیانا بە پەنامەکی ئەڵێن : ئایا ئەم محەمەدە غەیری ئەوە ئادەمیزادێکی وەکو ئێوەیە چیە ؟ ئایا ئێوە دێن بۆ لای ئەو کتێبە جادوە کە ئەو ئەیخوێنێتەوەو ئێوەیش بۆی ئەڕوانن ؟!

(قالَ : رَبِّي يَعْلَمُ القَوْلَ فِي السَّماءِ والأَرْضِ وهُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٤)

جا پێغەمەر فەرمووی : خودای من بە هەموو وتارێ ئەزانێ لە ئاسماناو لەزەویدا، چ جای ئەو قسەی پەنامەکی ئەوانەو خودا هەموو وتارێ ئەبیسێ و هەموو نهێنیەك ئەزانێ •

(بَلْ قالُوا : أَضْغَاثُ أَحلامٍ ، بَلِ افْتَراهُ بَلْ هُوَ شاعِرٌ فَلْيَأْتِنا بِآيَةٍ كَما أُرْسِلَ الأَوَّلُونَ) (٥)

لادە لەوە کە ئەڵێن جادوە ، لەبەر ئەوە جادوو جۆرە نرخێکی دنیایی هەیە ، بەڵکو ئەڵێن : ئەو کەلامە کە بە کەلامی خودا نیشانی ئەدا لای ئێمە بریتیە لە بازێ خەوی پڕو پووچ کە لە شەوا بینیونی ، نە ، نە ، خەو نیە کە بێ ئیختیار بێ تیایا ، بەڵکو درۆیەو بە ئارەزوو هەڵیبەستوە ، نە ، نە درۆی هەڵبەسراویش نیە ؛ چونکە درۆی وا ئەبێ گرنگی پێبدرێ و بە ئاسانی ناکرێ ، بەڵکو خۆی شاعیرەو کەلامەکەی شیعرەو ناوەرۆکەکەی شتێکی بەتاڵی وایە کە باوەڕی پێناکرێ ، بەڵام لە صوورەتی حوکمدایە . وە ئەگەر راست ئەکا پێغەمەرە با ئایەتو موعجیزەیەکمان نیشان بدا وەکو ئەو ئایەتو موعجیزانە کە پێغەمەرە پێشوەکانی پێ رەوانە ئەکرا •

(ما آمَنَتْ قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْيَةٍ اَهْلَكْنَاهَا اَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ؟) (٦)

خودا بە پێغەمەر ئەفەرموێ : کە هەر ئاوەدانیەك خواستمان لەسەر وێرانکردنی بووبێو وێرانمان کردبێ خەڵکەکەی ئیمانیان نەهێناوە بەو موعجیزانە کە بۆمان ناردوون ، عەجەبا ئەگەر ئەمان دڵخوازەکەیان بێتە جێ ئیمان دێنن ؟!

(وما اَرْسَلْنا قَبْلَكَ إلاَّ رِجالاً نُوحِي إلَيْهِمْ فاسْأَلُوا اَهْلَ الذِّكْرِ إنْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ) (٧)

وە نەمان‌ناردوە بە رەهبەری لە پێش تۆدا چەن پیاوێکی بە پایەو مایە نەبێ کە وەحیمان ئەنارد بۆ لایان‌و بیرو باوەڕو ئەحکامی دین‌و ئەخلاقمان نیشان ئەدان بۆ خۆیان‌و بۆ گەلەکەیان ، جا بێن پرسیار بکەن لەوانە کە خاوەن زانست‌و خاوەن عیلمن ئەگەر ئێوە خۆتان نەزانن‌و ئاگاتان لەو شتانە نیە •

(وما جَعَلْنَاهُمْ جَسَداً لا يَأْكُلونَ الطَّعَامَ وما كَانُوا خالِدِينَ) (٨)

وە ئەو پێغەمەرانەمان نەکردبوو بە چەن لەشێ کە رۆحانی بن وەکو فریشتەو خواردەمەنی نەخۆن‌و لەوانە نەبوون کە نەمر بن‌و بسێننەوە هەتا هەتایە •

(ثُمَّ صَدَقْناهُمُ الوَعْدَ فَأَنْجَيْناهُمْ وَمَنْ نَشاءُ وأَهْلَكْنا المُسْرِفِينَ) (٩)

وه لەپاش ئەوە کە رەوانەمان کردن بۆ سەر گەلەکانیانو موعجیزاتی داواکراوم بۆ دەرخستنو هێشتا هەر گەلەکانیان ئیمانیـــان نەهێنـــاو سەرپێچییان کرد •• ئەو بەڵێنەی کە دابووم بـــە پێغەمەرەکان دەربارەی سزادانو لە ناوبردنی ئەو گەلە تاوانبارانە بەجێمان هێناو پێغەمەرەکانمان رزگار کرد لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ویستمان رزگار ببن ، وەکو ئەوانە کـــە موسوڵمان بووبوونو پیاوە خراپە لە سنوور دەرچوەکانمان لەناو برد •

(لَقَدْ أَنْزَلْنا إِلَيْكُمْ كِتاباً فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ !)(١٠)

بە راستی ئێمە کتێبێکمان نارد بۆ لاتان کە لەو کتێبەدا هەیە ذیکرو طاعەت بۆ ئێوە ، ئەو ذیکرو طاعەتە کە لە دنیادا سەربەرزتان ئەکاو لە قیامەتا سەرفەرازتان ئەکا بە مەرجێ رەفتاری پێ بکەن •

وە یا کتێبێکمان بۆ ناردن کە بۆ رۆژگار ناوو شۆرەتو پایەو رێزی تیا هەیە بۆ ئێوە بەم ئیعتیبارە یەکەمجار لەناو ئێوەدا نازڵ بوەو سەرەتای ئیرشادەکەی لە لای ئێوەوە بوە ، ئایا ئێوە هێشتا عەقڵ ناگرنو ئەم شتانە لێك نادەنەوە ؟!

(وكَمْ قَصَمْنا مِنْ قَرْيَةٍ كانَتْ ظالِمَةً وأَنْشَأْنا بَعْدَها قَوْماً آخَرِينَ ؟!) (١١)

وە زۆر گوندو ئاوەدانیسان وێرانکرد بەسەر یەکدا چونکە خەڵکەکەی ستەمکارو بەدڕەفتار بوون ، وە لە پاش ئەوان گەلێکی ترمان لەو ولاتەدا دروستکردو ئاوەدانمان کردەوە •

(فلَمَّا أحَسُّوا بَأْسَنا إذا هُمْ مِنْها يَرْكُضُونَ (١٢) لا تَرْكُضُوا وارْجِعُوا إلى ما أُتْرِفْتُمْ فِيهِ ومَساكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلونَ) (١٣)

جا لە کاتێکدا ئەهلی ئەو ئاوایانە هەستیان بە قارو سزای ئێمە کرد کوتوپڕ لە ترسی گیان بە غارو راکردن لەو گوندانە دەرچوون بۆ ئەوە لەو سزایە رزگار بین ، منیش بانگمکردن بە هۆی پێغەمەری ئەو چەرخەوەو بە گاڵتەوە پێموتن : ئێستە غارمەدەنو لە شوێنی خۆتان دەرمەچنو بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوەی کە کردتانو بۆ تەماشای تۆڵەی ئەو زیادەڕەویە کە لە ئێوەوە دەرکەوتو بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکاتتان هیوا هەیە پرسیارتان لێ بکرێ چێ بکەن لەگەڵ پێغەمەرەکانا ئیطاعەیان بکەن یا نە ! دیارە ئەم مەعنایە واقیعە لەسەر گاڵتەکردن بەم کۆمەڵە کە شیاوی سزا بوونو سزایان بۆ رەوانە کراوە •

(قالُوا : يَا وَيْلَنا إنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ !) (١٤)

ئەوانیش کە حاڵی بوون راکردنیان لە ولاتەکە بێسوودە وتیان : هاوار بۆ ئێمە بە راستی ئێمە ستەممان لە خۆمانو لە خەڵك کرد •

(فمَا زَالَتْ تِلْكَ دَعْواهُمْ حَتَّى جَعَلْناهُمْ حَصِيداً خَامِدِينَ) (١٥)

هەمیشە هەر ئەو قسەو وتارەیان ئەکرد وەکو ئینسانێکی داواچی چۆن هەر مەبەستەکەی دووپات ئەکاتەوە هەتا بە هێزی ئەو سزا کە حەواڵە کرابو بۆیان ئەوانەم کرد بە کشتێکی دەرکراوی دووراوی کەوتوو لەسەر زەوی، واتە تا مردن •

(وما خَلَقنا السَّماءَ والأَرْضَ ومَا بَيْنَهُما لاعِبِينَ) (١٦)

ئێمە ئاسمانو زەویو ناوبەینی ئەوانمان بە بێ سوودو وەکو یەکێ گاڵتە بکا دروست نەکردوە •

(لَوْ أَرَدْنا أَنْ نَتَّخِذَ لَهْواً لاتَّخَذْناهُ مِنْ لَدُنَّا إِنْ كُنَّا فَاعِلِينَ) (١٧)

ئەگەر خواستمان لەوە بوایە کە ئەسبابێ لە گاڵتەو گەپ رابگرین لەلای خۆمان رامانئەگرت ئەگەر شتێکی وەهامان بکردایێ •

(بَلْ نَقْذِفُ بِالحَقِّ على البَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فإذاَ هُوَ زاهِقٌ ولَكُمُ الوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ) (١٨)

بەڵکو ئێمە عادەتمان وایە کە حەق بدەین بەسەر بەتاڵا ، واتە واز لەم خەڵکە بتپەرستە هەوابازە ناهێنین کە بەو شێوە رابوێرن ، بەڵکو بە هۆی

وەحی ئاسمانەوەو رەوانەکردنی رەهبەرەوە باری گرانی حەق‌و حەقیقەت‌و ئایین‌و شەریعەت ئەنێرین بۆ خەڵکی جیهان‌و شوێنەوارو پاشماوەی ئـــەو بەتاڵە لەناو ئەبەین کاتێ لایان‌کردەوە هیچ نەماوە • وە هاوار بۆ ئێوە لـــەو قسە بێ‌سوودو پووچانە کە ئەیکەن کە ئەڵێن خودای تەعالا ئەم ئاسمان‌و زەویەی بۆ گاڵتەو سەیران دروست‌کردوە • حاشا •

(ولَهُ مَنْ في السَّماواتِ والأَرْضِ ومَنْ عِنْدَهُ)

وە هەر بۆ خودایە بە پەیداکردن‌و مولکایەتی‌و دروســـتکردن‌و سەرداری‌کردن ئەوانەی وان لە ئاسمان‌و زەویداو ئەو مەلائیکەتانەیش کە بە پایە وان لە لای خودا ، واتە ئەهلی عیبادەت‌و طاعەتن •

(لا يَسْتَكْبِرونَ عَنْ عِبادَتِهِ)

حاڵیان وایە خۆیان بە گەورە نازانن بەرابەر بە بەندەیی‌کردن بۆ خودا•

(ولا يَسْتَحْسِرونَ) (١٩)

وە دەسبەردار نابن لە ئیش‌و کاری خۆیان‌و ماندوبوونیان بەســەردا نایێ •

(يُسَبِّحونَ اللَّيْلَ والنَّهارَ لا يَفْتُرونَ) (٢٠)

خودا بە پاك ئەگرن‌و پاکی دائەنێن لە صیفەتی نوقسان لە شەوو رۆژاو سستی ناکەن‌و سست نابن لە بەندەیی‌کردن •

(اَم ِ اتَّخَذ ُوا آلِهَةً مِنَ الاَ رْض ِ هُم ْ یُنْشِرونَ ؟) (٢١)

یا خەیر ئەوان چەن خودایەکیان بۆ خۆیان بڕیارداوە لە زەویدا کە ئەو خودایانە مردوو زیندووئەکەنەوەو حەشریان ئەکەن ؟

(لَو ْ کانَ فِیهِما آلِهَةٌ إِلاّ َ اللهُ لَفَسَدَتا ، فَسُبْحانَ اللهِ رَبِّ العَرْش ِ عَمَّا یَصِفُونَ) (٢٢)

جا خودا بۆ بەتاڵکردنەوەی گومانی موشریکەکان ئەفەرموێت : ئەگەر بێجگە لە خودای عالەم چەن خودایێ لە ئاسمانو زەویدا ببوایە بە عادەت پێویست بو زەوی‌و ئاسمان تێكبچوونایێ ، وە لەسەر ئەم یاسای دامەزراوە نەمایانەتەوە ؛ چونکی خاوەن کاری زۆر لەسەر ئیدارەو پەرستیاری شوێن بە زۆری جیاوازی ئەکەوێتە ناویانەوە ، لەبەر ئەوە لە کاتی جیاوازیدا یاسا تێكئەچێ ، کە وابێ زاتی پەروەردگار کە ناوی (الله) یەو پەروەردگاری ئەو عەرشە گەورەیە کە ئیحاطەی بە کائیناتا داوە دوورە لەوەی ئەو کافرانە گومان ئەبەن وەکو بوونی شەریك‌و هاوڕێ بێ بۆ ئەو •

بزانن ! ئەم ئایەتە بەرزە بەڕێزە گەلێ بەهێزە بۆ گەیاندنی تاق‌و تەنیایی خودا ؛ چونکی بە هەموو بارێکدا بۆ دەلیل ئەشێ ئەگەر ئینسان لەگەڵ ئینسانی کەم بیرا قسە بکا لەسەر عادەت‌و شێوەی (خەطابەت) ئەڕوا بە رێداو دەلیلەکەی دائەمەزرێ لەسەر شێوەی (اقناعیات)و تەماشای غاڵب وەکو مەعنای ئایەتەکەمان بەو شێوە لێدایەوە •

وە ئەگەر لەگەڵ ئینسانی زاناو شارەزادا قسە بکا لەسەر یاسای (استدلال) بە بورهان ئەڵێن : مەعنای فەسادنەبوونو دەرنەچوونە بۆ

وجوود جا لەبەر ئەوە کە خودا پێویستە (واجب الوجود) بێو داماوی رووی تێنەکاو هەرچی بۆ خودایێ بشێ پێویستە بۆ ئەوی تریش بشێ ؛ چونکە خوداکان لە لەوازیمی زاتی خۆیانا موساوی ئەبن لە تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزەدا بۆ شێوەی بەڵگەهێنانەوە ئەڵێن : ئەگەر خودا لە جیهانا زۆر بوایێ ئەو زەویو ئاسمانە هەر نەدەبوون ؛ چونکە ئەگەر بۆ هەموو یەکێ لەوانە موعارەضەی ئەوانی تریان مومکین ئەبو ئەوە لەم صوورەتەدا هیچیان نەدەبوون بە خودا ، چونکی خودا نابێ موعارەضە بکرێ وە ئەگەر بۆ هیچیان موعارەضەی ئەوی تریان مومکین نەدەبو ئەوە دووبارە هیچیان نەدەبوون بە خودا ؛ چونکی ئەو کەسە کە خودایە واجبە دەستی بڕوا بەسەر هەموو مومکینێکی زاتیدا وە مادام ئەو کارە هەرکامیان بیەوێ بیکات پێویستە مومکینی زاتی بێ ئەوە هەرچۆن ئەویان ئەتوانێ ئەمیشیان ئەتوانێ بەرانبەری بکا ، وە کاتێ نەتوانێ ئەو بەرانبەریە بکا پێویستە عاجزبێ لە مومکینی زاتیو عەجز لە مومکینی ذاتی مەعنای وایە خودا نیە ، وە لە صوورەتێکا هیچیان خودا نەبوون وا عالەم دروست نەبو ؛ چونکی عالەم ئەثەری خالیقی (واجب الوجود)ە •

(لا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وهُمْ يُسْأَلونَ) (٢٣)

ئەو خودایە لەبەر گەورەییو دەستەڵاتیو ئیستیقلالی بە (تصرف) لە کائیناتا پرسیاری لێ ناکرێ لە هەر شتێ ئەیکا،وە ئەو کافرانەو ئەو ئەهلی ئاسمانو زەوییە هەموو ئەگەر کارێ بکەن پرسیاریان لێ ئەکرێ لەبەر ئەوە کە بەندەو مەملووکن ، یاخود لەبەر ئەوە کە خودا زانیاری رەسای هەیە بە ئیستەو لەمەولاو بە سوودو زیانی هەموو کردەوەیێ کارێ ناکا خاڵی بێ لە حیکمەت لەبەر ئەوە پرسیاری لێ ناکرێ بە رەخنەگیری ، بەڵام غەیری ئەو

هەرکەسێ شتێ بکا پرسیاری لێ ئەکرێ لەبەر ئەوە زانستی رەسای نیەو چاك بە خراپ ئەزانێ تەرکی ئەکاو خراپ بە چاك ئەزانێو ئەیکا •

(امِ اتَّخَذُوا مِنْ دونِهِ آلِهَةً ؟ قُلْ : هاتُوا بُرْهانَكُمْ ، هذا ذِكْرُ مَنْ مَعِيَ وذِكْرُ مَنْ قَبْلِي، بَلْ اَكْثَرُهُمْ لايَعْلَمونَ الحَقَّ فَهُمْ مُعْرِضُونَ) (٢٤)

یاخەیر ئەو کافرە موشریکانە چەن خودایەکیان گرتوە بۆ خۆیان بۆ پەرستیاری بێجگە لە زاتی (واجب الوجود) ، جا تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پێیان بلێ : ئێوە دەلیلێکی راستی باوەڕپێکراوی عەقلّی یا نەقلّی بهێننەوە لەسەر وجوودی ئەو شەریکانە ؛ چونکی هەر داوایێ دەلیلی لەسەر نەبێ بە عەقلّ یا بە نەقلّ ئەوە پووچو بەتالە ، بێن تەماشای ئەم کتێبە بکەن کە بە وەحی بۆم هاتوە ئەوە ئەم قورئانە کە هاتوە بۆ لام زیکرو ئیرشادو وەعظو ئیعتیبارە بۆ ئەوانە کە وان لەگەڵما وەکو ئومەتەکەم بێ وە زیکریشە بۆ ئەو کەسانەو ئەو کۆمەلاّنە کە لە پێش مندا بوون ؛ چونکی ئەم کتێبە بە درێژی باسی ئەوانو پێغەمەرەکانی ئەوان ئەکا بە جۆرێ هەر زانایێ تەماشای بکا باوەڕ ئەکا بە گەورەیی دینی ئیسلامو گەورەیی ئەم قورئانە ، بەڵکو زۆربەی ئەو کافرانە لە زانستی راست بێبەشنو فەرق ناخەن لە بەینی حەقو بەتاڵدا ، جا لەبەر ئەمە هەموو ئیعراز ئەنێن لە ئیمانو بەیەکناسینی خودا •

(وما اَرْسَلْنا من قَبْلِكَ مِنْ رَسولٍ إلاّ نُوحِي إلَيْهِ : اَنَّهُ لا إلهَ إلاّ اَنا فاعْبُدونِ) (٢٥)

ئێمە هەر پێغەمەرێکمان ناردوە وەحیمان بۆ ناردوە : کە هیچ خودایێ نیە بەندەیی بۆ بکرێ من نەبێ ، دەی هەر بەندەیی من بکەن •

(وقالُوا : اتَّخَذَ الرَّحمن ولَداً سُبْحانَهُ ! بَلْ عِبادٌ مُكْرَمونَ) (٢٦)

ئەو کافرە موشریکانە وتیان : کە خودای میهرەبان ئەولادی بۆ خۆی بڕیار داوە ، حاشا خودا پاکە لەوە بەڵکو ئەوانە کە کافرەکان بە شەریکی خوای دائەنێن چەند بەندەیەکی ڕێزلێنراونو بە مەلائیکەی خودا لە قەڵەمدراون •

(لا يَسْبِقونَهُ بِالقَوْلِ وهُمْ بِأمْرِهِ يَعمَلونَ) (٢٧)

ئەو بەندە بەحورمەتانە ناکەونە پێش خوداوە لە قسەدا واتە موخالەفەی ئەمری ناکەنو هەر فەرمانێ دەر بکا بۆ سەریان ڕەفتاری پێئەکەن •

(يَعْلَمُ ما بَيْنَ أيْديهِمْ وما خَلْفَهُمْ ولا يَشْفَعُونَ إلاّ لِمَنِ ارْتَضى وهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ) (٢٨)

خودای تەعالا زانایەو ئەزانێ بەوەی کە ئەو فریشتانە لە پێشا کردوویانە وە لەمەولایشەوە ئەیکەن ، وە تکا ناکەن بۆ تاوانبارێ نەبێ کە خودا ڕازی بێ بەوەی تکای بۆ بکرێ ، وە هەموو لە ترسی خودا ئەلەرزن •

(ومَنْ يَقُلْ مِنْهُمْ إنّي إلهٌ مِنْ دونِهِ فَذلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ، كذلِكَ نَجْزي الظّالِمينَ) (٢٩)

وە هەر کام لەو فریشتانە یا لە غەیری ئەوان لە خەلایق بڵێ : من خودام و بەندەییم بۆ ئەکرێ نەك بۆ خودا ئەوە جەزایان ئەدەینەوە بە دۆزەخ ، وە هەروەها جەزای ستەمکارەکان ئەدەینەوە .

کاتێ کە خودای تەعالا فەرمووی : هەر سوورەتێکمان ناردوە هەر لەگەڵ تەوحیدا ناردوومانەو فریشتەکان بەندەی خودانو خودا ئاگای لە هەموویان هەیە .. هات لەم ئایەتانەدا چەن بەڵگەیەکی نیشان دا لەسەر یەکیەتیو تەوانایی خۆی بە هەموو بابەتێ دەریبڕیو فەرمووی :

(اَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا اَنَّ السَّماواتِ والاَرْضَ كانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْناهُما ؟)

ئایا ئەو کافرە بێئیمانانە نابینن بە چاو وە یا نازانن بە عەقڵی خۆیان وە یا بە بیستن لە زانایان کە هەموو ئاسمانەکانو زەوی لکابوون بە یەکەوە لە پاشان لە یەکم جیاکردنەوە ، عەرزم کرد بە عالەمێکی جێگەو رێگەدار، عاسمانەکانیشم هەڵبڕیو تەرتیبی ئەوزاعو پێویستی هەموو لایەکیانم بەجێ هێنا ؟

وە یاخود ئایا نابینن یا نازانن کە ئاسمانەکان وشكو بێ خێر بوونو سوودیان لێ وەرنەدەگیرا هەتا گوشادمان کردنەوەو دەرگای خێرم کردەوە بۆیان بەوە کە باران ببارێنن بەسەر زەویدا ، وە نابینن یا نازانن کە زەوی وشكو بێخێر بو هەتا هەناسەم پێداو سوودی لەباران وەرگرتو گیاو دارم تێدا رواندو وام لێکرد کشتوکاڵی تێدا بکرێو سەرچاوەی ئاوم تێدا دروست کرد بۆ سوودی گشتی لە هەموو کاتێکاو بۆ سوودوەرگرتنی گیانلەبەران .

(وجَعَلْنا مِنَ الماءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ)

وە دروستمان کرد لە ئاوی پشتی نێرینەو سینەی مێینە هــەموو گیانلەبەرێ •

وە یا بە هۆی ئاوەوە دروستمان کردوە هەموو شتێ لە گیانلەبەران واتە لەوانە کە نەشو نما ئەکەن وەکو دارو گیاو گوڵو کشتوکاڵو گیانلەبەران•

(اَفَلا يُؤْمِنونَ ؟!) (٣٠)

ئایا هێشتا ئەو کافرانە ئیمان نایەنن بەوە کە خودای تەعالا تاقو تەنیاو تەواناو زانایەو پێویستی بە کەس نیەو بێ شەریكو بێ وێنەیەو فریشتەو غەیری فریشتە دروستکراوی ئەون ؟!

(وجَعَلْنا فِي الاَرْضِ رَواسِيَ اَنْ تَمِيدَ بِهِمْ)

وە دامان‌ناو دروستمان کرد لە زەویدا چەن کێوی بڵندو باڵا نەکــا زەوی بە هۆی هەڵپەو تەکانی بورکانی ئاگرینەوە مەیل بکا بەو گیانلەبەرانە کە هان بەسەریەوەو لارەیان پێ‌بکاو بیان‌جوولێنێو بە جارێ لەناویان بەرێ، وە یا بە هۆی ئەو کێوە قورسە بەرزانەوە زەویمان دامرکاندو لە قورسیو سووکیدا کێشو ئەندازەمان بۆ دانا نەکا لە کاتی هەڵسووڕانو دەورەدانەوە لە مەداری سووڕانەوەی خۆیدا لاربێتەوەو ئەوەی وا بە سەریەوە گیرۆدە بین •

(وجَعَلْنَا فِيها فِجاجاً سُبُلاً لَعَلَّهُمْ يَهْتَدونَ) (٣١)

وه دروستمان کرد له زەویدا چەن رێگایێ ، واته چەن شوێنێکی وەها بۆ هاتوچۆی ئادەمیزاد بەکار بێ بۆ ئەوه ئەوان شارەزای هەموو شوێنێ ببن له زەویو دەشتو ساراو کەژو کۆسارا هەتا ژیواری خۆیان بەجێبێنن بە هۆی ئەو شتانەوه له زەویدا وەرئەگرن ، یا به هۆی تیجارەتو ئـاڵو وێڵەوه •

(وجَعَلْنـــا السَّماءَ سَقْفاً مَحْفوظاً وهُمْ عَنْ آياتِهـــا مُعْرِضُونَ) (٣٢)

وه ئاسمانمان کرد به سەقفێکی راگیراوی پەنادراو له کەوتنو پارێزراو له کەمو کووڕی بۆ ئەوه که وەزعی دنیاو دەرچوونو ئاوابوونی مانگو رۆژو ئەستێرەکان لەسەر یاسای عادەتی دەوامدار بێو ئادەمیزاد سەریان لێتێك نەچێو بتوانن له ماوەی ژینا ژیواری خۆیان بەجێبێنن ، وەلحاڵ ئەو کافرانه لەو کاره رووداوانەدا که له ئاسمانەکانا روو ئەدەن وەکو هاتوچۆی ئەســتێرەکانو راگرتنی مەدارەکانو کــەمو زۆری نووری ئەوان ئیعراز ئەنێنو بۆیان ناڕوانن و سوودیان لێوەرناگرن هەتا ئەو شتانه بکەن به بەڵگه لەسەر گەورەییو تەنیایی خودای تەعالا •

(وهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ والنَّهارَ والشَّمْسَ والقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحونَ) (٣٣)

وه خودا ئەو خودایه پاش خەلقی ئاسمانو زەوی شـــەوو رۆژی دروستکرد ماوەی تاریکیو رووناکی دروست کرد ، مانگو رۆژی دروست

کرد ••• هەتا بە هۆی دەرچوونو ئاوابوونی ئەوانەوە شەوو رۆژو حەفتەو مانگو ساڵو چەرخو زەمان دروستبیو ئادەمیزاد لە سوودوەرگرتنی خۆی ئاگادار ببیو ئەو رۆژو مانگە هەرکام لە دائیرەیەکدا لە ئاسمانەکانا مەلەوانی ئەکەن ، واتە هاتوچۆی سافی بێ گرێ ئەکەن وەکو مەلەوان لە ئاوا ، ئەمانە کە باسمان کردن هەموویان ئەبن بە هۆی دەلیل ، یا گەلێ دەلیل لەسەر ئەوە خودای پەروەردگاری (واجب الوجود)ی قەدیمو باقیو تاقو تەنیاو بێ نیازو دەوامدارو بێ وێنەو زاناو تەواناو خاوەن خواستو بیناو شنەواو ئاگادار لەسەر هەموو کارێو لەسەر هەموو گیانداری هەیە ، هەر ئەوە کە دروستیکردوونو هەر ئەوە کە دەوامیان پێ ئەداو هەر ئەوە ئەیانژێنێ هەتا ئەو خواست نەکا هیچ شتێ نابێ کە خواستی کرد ئەبێو تا خواستی لەسەر مانی بێ ئەمێنێو ویستی نەمێنێ نامێنێ • جا خودایێ وەها بێ پێویستە هەموو هۆشیارێ باوەڕی پێ بکاو فەرمانی ئەو بەجێبێنێو لە خەتی ئەمری ئەو دەرنەچێ تا بەر خەلاتی پیرۆزی بکەوێ •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە پێویستە ئاگاداریان بن !

یەکەم : خاوەنی تەفسیری (طنطاوی) مەشهوور بە (جواهر) لەم ئایەتەدا ئەڵێت : زاناکانی ئەوروپایی لەسەر زانیاری خۆیان ئەڵێن : وەختێ خۆی مادەی رۆژ خڕ بوەو وەك ئاگر بوەو چەن ملیۆن ساڵ بە دەوری مەرکەزی خۆیا هەڵسووڕاوەو هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانی جیهان لەگەڵ ئەودا بوونو پاش ماوەیێ ئەم زەویە کە جێگەی ئێمەیە لە رۆژ جیابوەتەوە لە بەر خێراسووڕانەوەی رۆژ وە لەم شوێنی خۆیەدا مایەوە ، هەروا گەلێ ئەستێرەی تریشی لێ جیابوەوە •

وە گەلێ ئەستێرەی خولۆکی تر لە جیهاندا لە گەلێ رۆژی تر لە جیهانا، کە لە ئێمەوە دوورن ، جیابوونەوەو مادەی لەشیان لەبەر دووری بە بچووك دەرئەکەوێ ، وە ئەمانە بە گومانی ئەوان کەمتر نین لە سێصەد ملیۆن زەوی ئاوەدانو ، ئەڵێن : ئەو ئەستێرانە کە لە رۆژی ئێمە جیابوونەتەوە هەموویان ئاوەدان نین و لەوانەیە ئەستێرەی (مەریخ)یش ئاوەدان بێ • وە ئـەڵێن : ئەم زەوی ئێمە لە رۆژ جیابوەتەوەو رۆژیش لە رۆژێکی تری لەو گەورەتر، هەروا باقی رۆژەکانی تریش ئەستێرەیان لێ جیابوەتەوە • وە ئەم بیرە لـە ئەوروپادا مەشهوورە • ئەم ئەندازە لە کتێبی (جواهر) بڕایەوە •

وە بازێ زانای خاوەن ئینصاف لە موسوڵمانان فەرموویانە : قورئان کە کتێبی دینی ئیسلامەو بۆ سەر پێغەمەر ــ د ــ هاتوەتە خوار هەرچەن گەلێ شتی تیایەو ئینسان ئەگەر بیانزانێ هەمووی خێرەو زانیاریە ، بەڵام ئەو شتانە بە ئاسانی نازانرێنو ساڵەهای ئەوێو قوتابخانەو (رصـــد)و دۆزینەوەی ئەوێ•••بۆ ئەوەی بۆ ئێمە پێویستە بیانزانین ئایاتی بیرو باوەڕو ئەحکامی دینی ئیسلامو هەرچی پێویستە بۆ راگرتنی ئیسلام لەوانەی کـە حەزرەت ــ د ــ گەیاندوونی بە ئێمەو بۆ موسوڵمان رەوا نیە بکەوینە شوێن (اکتشافات)ێ کە تا ئیستە لەسەر حاڵێك دانەمەزراوەو هەر چەن ساڵێ کۆمەڵێ زانای تازە دێنو زۆر لە رای زانایانی پێش خۆیان بە هەڵە دائەنێن ، ئەنـا مادام ئەو بیرە پێشووانە هەڵە بوون ئەگەر ئێمە قورئان ببڕین بەسەر ئەوانەدا پێویستە ئاڵۆزی روو بکاتە مانای قورئانو حاشا قورئان دوورە لـە هەڵەو شتی نارێك •

ئێمە حەقمان وایە لە تەفسیری قورئانا ئەوەی بە شێوەیەکی راست لە حەزرەتەوە گەیشتوە پێمان وەربگرین ، وە ئەوەی بە دەلیلێکی یەقینی ثابت بوو وەری بگرین ئیتر حەقمان نیە بکەوینە شوێن قسەی هەر کۆمەڵە

زانیاریێ کە خۆیان لە ناو خۆیانا دڵیان بە تەواوی دانەمەزراوە ، وە ئــەو ئەحوالانە حەواڵە نەکەین بە کەشفی عیلمی لە موستەقبەلدا ئەگەر خودا ڕێکی بخا بۆمان •

لەمەوپێش یۆنانیەکان ئەیانوت : ئاسمانەکان مادەیان وەکو ســاجی ئاسنین وایەو ئەستێرەکان وەکو بزمار داکوتراون بەواناو حــەرەکاتو صیفەتی ئاسمانەکانو ئەستێرەکانو نیسبەتدانی حەرەکات لە ئەستێرەکان مەجازە •• وردە وردە ئەو بیرە گۆڕراو چەن بیری تر یەك بە دوای یــەکا هاتنو ڕۆیشتن ، ئیستە ئەڵێن : ئاسمانەکان (اثیر)نو مــادەی تایبــەتینو هەموو ئەستێرەکان گەورەو بچووك وان لەو عالەمی ئەثیرەدا ، بازێکیان ئەسووڕێنەوەو بازێکیان ناسووڕێنەوە ، وە لە جوملەی ئەوانەیە کــــە ئەسووڕێتەوە ئەم کورەی زەویە کە ئێمە واین بەسەریەوەو لە هەموو بیستو چوار سەعاتێکدا جارێ بە دەوری خۆیا ئەسووڕێتەوە ، وە هەموو ساڵێکی ڕۆژیش ــ واتە سێصەدو شەستو شەش ڕۆژو شتێك ــ جارێك بە دەوری ڕۆژا ئەسووڕێتەوە •

وەبازێ ئەڵێن : ڕۆژ بە دەوری خۆیا ئەسووڕێتەوەو بەس • وە بازێ ئەڵێن : ڕۆژ لەگەڵ هەموو ئــەو خولۆکانەدا کە تابیعی ئــەونو بە دەوریا ئەسووڕێنەوە بە جارێ لە عالەما ئەسووڕێنەوە • بە هەرحاڵ بە زاهیری ئایەت ئەمەیە کە مانگو ڕۆژ هەر یەك لە فەلەکی خۆیدا ، واتە مەداری خۆیدا ، ئەسووڕێتەوە ، هەروا بە بەڵگە دەرکەوتوەو لە زاهیری بــــازە ئایــەتێ ئیستیفادە ئەکرێ کە زەویش ئەسووڕێتەوەو ژمارەی ئاسمانەکان حەوتنو ئاسمانی نزیکیان لە ئێمەوە جوانکراوە بەو ئەستێرانە واتە هەرچی ئەستێرەی وا پێوە هەموو یەك ئاسمانەو بە ئاسمانی نزیك لە زەوی حسێبئەکرێ ئیتر باقی حەوت ئاسمانەکان وەزعیان وا لە عیلمی خوداداو بۆ ئێمە دەرنەکەوتوە،

بەڵکو لە پاشەڕۆژدا دەربکەوێ و ئێمە لە مانای ئایەتێکدا دەخلی بە زانیاری کەشافانەوە ببێ رائەوەستین ؛ چونکی ئەوانە بەسراون بە زانیاری زانایان و پشکنینی راستەقینەوە •

دووەم باسمان ئەمەیە : لەم ئایەتانەدا هەتا ئاخری ئایەتی سی و سێ کە (کل فی فلك یسبحون) شەش بەڵگەیان تیایە لەسەر تواناو یەکیەتی خودا •

١ ــ بەڵگەیە بۆ ئەوە کە ئەم ئاسمانانە لەگەڵ زەویدا پێکەوە بوون و خودای تەعالا لەیەك جیای کردوونەتەوە ، وە یاخود ئاسمان بە چین و زەویەوە بە جیا دروستکراون بەڵام بۆ ئەوە کە سوودیان لێ پەیدا ببێ بۆ ئەهلی عالەم خودا باران و باو بەفرو نمی لە ئاسمانا درروستکردوە و ئیستیعدادی دارو گیاڕواندن و پێگەیاندنی کشتوکاڵی پێداوە هەتا هەموو گیانلەبەرێ لەمانە سوود وەربگرێ •

٢ ــ ئایەتی (وجعلنا من الماء کل شیء حی) کە مەعنایەکی ئەوە بو هەرچی زیندوە بەو مەعنایە قابیلی نەش و نمایە ، وەکو دارو گیاو گیاندار لە ئەنواعی حەیوان و ئینسان هەمووی لە ئاو دروستکراوە بەم مەعنا لە سەرەتای دروستکردنیا پێویستی بە تەڕی هەیە •

وە مەعنایەکیشی ئەوە بوە کە هەرچی گیانلەبەرە لە عالەمی مەحسووسی ئێمەدا هەمووی لە ئاوی نوطفەی باوك و دایك دروستکراوە ، خواه گیانلەبەری خاوەن بەچکەی زایین بێ یاخود لە هێلکە دەربچێ،بەڵام فریشتە و جینەکان لە عالەمی مەحسووسی ئێمە نین و لەم ئایەتەدا مەقسوود نین و رەخنەیان پێ پەیدا نابێ •

٣ ــ (وجعلنا فی الارض رواسی ان تمید بهم) •

٤ ــ (وجعلنا فیها فجاجا سبلا) کە ئەم دانانو داچەقاندنی کێوە بەرزانە بوون بە هۆی هاوکێشی دامەزراندنی زەوی لە کاتی جمەوجوولا ، ئەگەر یەکێ خولخولۆکەیێ نیوەی دارو نیوەی ئاسن هەڵسوورێنێ تێ ئەگا کە هەڵسوورانەکەی ڕێکوپێك نیە ، بەڵام ئەگەر هەمووی ئاسن یا هەمووی دار یا لەسەر نیسبەتێکی یەکسان ئاسن بەو خولخولۆکەدا دابکوترێ ئەوە سوورانەوەکەی باش ئەبێ •

هەروەها ڕێکخستنی شوێنی تایبەتی بۆ هاتوچۆی ئادەمیزاد بە سەر زەویدا بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر میهرەبانیو تەواناییو تەنهایی خودا •

٥ ــ (وجعلنا السماء سقفا محفوظا) بە ڕاستی ئاسمانو مادەی ڕاسەری ئێمە لەهەر جۆرێو بە هەر کەیفیەتێ بێ ڕاگرتنی ئەو ئاسمانەو ئەو ئەستێرانە کە وان تیایا لەگەڵ هاتوچۆی ئەوانەیان کە ئەجوولێن بەو ئەندازە تایبەتیە لە توندیو سستی بە بێ ئەوە بەساڵەهای ساڵ ڕاوەستانی هەبێ ، وە یاخود لادانێکی هەبێ لە خەتی خۆی بە گەورەترین بەڵگە لەسەر گەورەیی زاتی خودا ئەناسرێ •

٦ ــ ئایەتی (وهو الذی خلق اللیل والنهار والشمس والقمر •• الایه) تەماشا بکەن لەسەر تەقدیری دروستکردنی عالەمو دروستکردنی ئادەمیزاد ئەگەر لە جیهاندا مانگو ڕۆژ نەبوایەو شەوو ڕۆژ پەیدا نەبوایە لە هەڵهاتنی ڕۆژو ئاوابوونیەوەو ڕووناکی شەو پەیدا نەبوایە بە هۆی مانگەشەوەوە کاروباری ئادەمی لە کاسبیکردنو ئاسایش وەرگرتنو ئاگاداری بەسەر کاتی کارو کاتی ئاسایشداو بەسەر هاتنی وەختو وادەدا بە قەطعی بەم شێوە جوانە نەدەبوو کارو باری دنیا دەشێوا •

(وما جَعَلْنا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الخُلْدَ ، اَفإنْ مِتَّ فَهُمْ الخالِدونَ ؟!) (٣٤)

ئەو کافرانە ئەڵێن : وازی لێبێنن چاوەڕێ ئەکەین هەتا ئەمرێ ئیتر رزگارمان ئەبێ لە دەستی ! جا پێیان بڵێ : ئێمە بڕیارمان نەداوە مانەوەی هەتاهەتایی‌و نەمری بۆ هیچ ئادەمیزادێ لە پێش تۆدا هەتا تۆ دەوامت ببێ ، وەکو خەڵك ئەمرن تۆیش ئەمری ، بەڵام ئەگەر تۆ بمری ئایا ئەوان هەر ئەمێننەوە هەتا هەتایە ؟! حاشا ! کەوابێ مردنی کەس جێگەی شادی نیە بۆ کەس ، مردن دەردێکە روو ئەکاتە هەموو گیانلەبەرێ‌و کەس لە چنگی قوتار نابێ • وە لە لایەکی ترەوە مادام تۆ بووی بە هۆی بڵاوکردنەوەی دین ئەگەر بمری لە پاش مردنەکەت دینەکەت ئەمێنێتەوەو پاداش‌و خێرت هەیە بەڵام ئەو کافرانە پاش مردن سزا زیاتر هیچ بارەیەکیان نیە •

(کُلُّ نَفْسٍ ذائِقَةُ المَوْتِ ونَبْلوکُمْ بِالشَّرِّ والخَیْرِ فِتْنَةً ، وإلَیْنا تُرْجَعونَ) (٣٥)

هەموو گیانلەبەرێك پێویستە مردن بچەژێ ، وە مامەڵەی بەراوردکەرتان لەگەڵ ئەکەین بە خراپەو چاکەو بەو شتانە تاقیتان ئەکەینەوەو هەر بۆ لای ئێمەیش ئەگەڕێنرێنەوە •

(وإذا رَآكَ الَّذینَ کَفَروا إنْ یَتَّخِذونَكَ إلاَّ هُزُواً ! اَهذا الَّذي یَذْکُرُ آلِهَتَکُمْ ؟! وهُمْ بِذِکْرِ الرَّحْمنِ هُمْ کافِرونَ) (٣٦)

کاتێ کافرەکان چاویان ئەکەوێ بە تۆ بە چاوی سووك سەیرت ئەکەنو ئەتکەن بە گاڵتەجاڕی خۆیانو ئەڵێن : ئا ئەمەیە کە ناوی خوداکانی ئێوە بە خراپە ئەبا ؟! وە ئەوان کوفرئەکەن بە قورئان کە زیکرێکە لە لایەنی خودای میهرەبانەوە هاتوە •

(خُلِقَ الإِنسانُ مِنْ عَجَلٍ سَأُرِيكُمْ آيَاتِي فَلا تَسْتَعْجِلُونِ) (٣٧)

ئادەمیزاد ئەوەندە بێتاقەتو بێئارامە وەك ئەوە وایە کە لە پەلەپەل دروستکرابێ ، هەر لەبەر ئەمەیە کە (نضری کوڕی حرث) پەلە ئەکا بۆ سزاو ئەڵێت : ئەگەر راست ئەکا با ئەو سزا کە تۆ ئێمەی پێئەترسێنی بێت بۆمان• من بەم زوانە نیشانەی گەورەیی خۆمو راستی قسەم کە هاتنی سزاکانمە نیشانتان ئەدەم لە جەنگی (بدر)داو لە رۆژی دواییشدا کە ئەوەنە راستە وەکو سبەینێ بێتەجێ وایە ، دەی ئیتر پەلە مەکەن بۆ هاتنی سزا •

(وَيَقُولُونَ : مَتَى هذَا الوَعْدُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ؟) (٣٨)

ئەڵێن : کەی وادەی هاتنی ئەو سزایەکە ئێوە باسی ئەکەن ئەگەر راست ئەکەن ؟

(لَوْ يَعْلَمُ الَّذِينَ كَفَرُوا حِينَ لا يَكُفُّونَ عَنْ وجُوهِهِمُ النَّارَ ولا عَنْ ظُهورِهِمْ ولا هُمْ يُنْصَرُونَ (٣٩) بَلْ تَأْتِيهِمْ بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلا يَسْتَطِيعونَ رَدَّها ولاَ هُمْ يُنْظَرُونَ)(٤٠)

ئەگەر ئەو کافرانە عیلمی قەطعییان ببوایە بە حالی خۆیان لەو کاتەدا کە ئاگر دەوریان ئەدا لە هەموو لایەکەوەو ناتوانن ئاگر لە رووی خۆیانو لە پشتیان دووربخەنەوەو لەوانەیش نین کە لە لایەنی کەسەوە یارمەتی بدرێن•• ئیستە ئەم جۆرە قسەیانە نەدەکرد •

جا واز لەوانو لە سەرپێچیو گوێ پێنەدانیان بێنەو ئەو کاتو وادەی دیاریکراوە بە ئاگر یا رۆژی قیامەت کە رۆژی حسێبو کتێبە کوتوپڕ دێ بەسەریاناو سەرگەردانیان ئەکا ئیتر ناتوانن ئەو سزاو ئاگرو مەینەتە بگەڕێننە دواوە تا نەیێ بەسەریاناو هیچ مۆڵەتیان نادرێ •

(وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِنْ قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٤١)

ئەم گاڵتەکردنە بە پێغەمەران یەکەم جار نیە لە لایەنی ئـــادەمیزادی بەدڕەوشتەوە ، گاڵتەکرا بە گەلێ لەو پێغەمەرانە کە لە پێش زەمانی تۆدا رابوردنو لە پاشان ئەو سزا کە ئەوان گاڵتەیان پێئەکرد گەمارۆی دانو رژا بەسەریاناو رێگەی لێبردنە بەست •

(قُلْ : مَنْ يَكْلَؤُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مِنَ الرَّحْمَنِ ؟ بَلْ هُمْ عَنْ ذِكْرِ رَبِّهِمْ مُعْرِضُونَ) (٤٢)

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەوانە کە وەکو کافرە پێشوەکان گاڵتە بـە پێغەمەرەکان ئەکەن : ئەگەر خودای میهرەبانی خاوەن بەزەیی قاری لێ گرتن کێ هەیە کە بتانپارێزێ لە قاری ئەو لە شەودا یا لە رۆژدا ؟ بەڵام تۆ واز

ئەوە بێنە قسەیان لەگەڵا بکەی ؛ چونکە ئەوان وازیان لە خودا هێناوە ئیتر پرسیار لەوانو قسەلەگەڵکردنیان بێ‌سوودە •

(اَمْ لَهُمْ آلِهَةٌ تَمْنَعُهُمْ مِنْ دونِنَا لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ اَنْفُسِهِمْ ولاَ هُمْ مِنَّا يُصْحَبُونَ ؟) (٤٣)

یا خەیر چەن خودایەکیان هەیە کە لە قاری خودا بیانپارێزێ ئێمە نەبێ؟ حاشا ئەوانە هەر تەواناى ئەوەیان نیە کە یارمەتی خۆیان بدەن ، وە لە لای ئێمەیشەوە یارمەتییان نادرێ •

(بَلْ مَتَّعْنا هؤلاءِ وآباءَهُمْ حتَّى طالَ عَلَيْهِمُ العُمُرُ ، اَفَلا يَرَوْنَ اَنَّا نَاْتِي الاَرْضَ نَنْقُصُها مِنْ اَطْرافِها اَفَهُمُ الغَالِبونَ ؟) (٤٤)

نەخەیر گومان مەبەن ئەوانە خودای وایان هەبێ کەبیانپارێزێ ، بەڵکو هەر پارازتنەکەیان لە لایەنی ئێمەوەیە لەبەر (استدراج)و بەرزکردنەوەیان هەتا بیاندەین بە زەویدا وە لەسەر ئەم بەرزکردنەوە ئەم کۆمەڵەو باوکو باپیرەیانمان هێشتوەتەوە تا تەمەنیان درێژ بوو بەو تەمەن‌درێژیە وا ئەزانن کە مردنو ژیانیان بەدەست خۆیانەو خۆیان ئەهێڵنەوە ، ئایا نابینن کە ئێمە دێین زەوی کافران لە هەر چوار دەوریەوە کەم‌ئەکەینەوەو ئەهلەکەی موسوڵمان ئەبن ؟ ئایا هێشتا هەر ئەوان خۆیان بە زاڵو سەرکەوتوو ئەزانن ؟

(قُلْ : إنّما اُنْذِرُكُمْ بِالوَحْيِ ، ولا يَسْمَعُ الصُّمُّ الدُّعاءَ إذا ما يُنْذَرُونَ) (٤٥)

تۆ ، ئەی خۆشەویست ، پێیان بڵێ : ئێمە هەر ئینذاری ئێوە ئەکەین بە وەحیو بەو شتانە کە بە وەحی دێن بۆ لامانو لە خۆمەوە هیچتان پێ ناڵێم، بەڵام ئەوانە کە کەڕن لە کاتێکدا ئەترسێنرێن بانگی (داعی) نابیسن •


(ولَئِنْ مَسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِنْ عَذابِ رَبِّكَ لَيَقولُنَّ : يا وَيْلَنا إنّا كُنّا ظالِمِينَ) (٤٦)

وە ئەگەر بێنو سووسەی شتێکی زۆر کەم لە سزای خودا لێیان بدا هاواریان لێ هەڵئەسیو ئەڵێن : هاوار بۆ ئێمە کە هەموو ستەمکارو تاوانبارین •

(ونَضَعُ المَوازِينَ القِسْطَ لِيَوْمِ القِيامَةِ ، فَلا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيئاً ، وإنْ كانَ مِثْقالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ اَتَيْنا بِها وكَفَى بِنا حاسِبِينَ) (٤٧)

وە لە ڕۆژی قیامەتا ترازووی دادگەری دائەنێینو کارو کردەوەی چاکەو خراپەیان ئەکێشینو ستەم لە هیچ کەس ناکرێ نە کەمو نە زۆرو کردەوەیان ئەگەر بە قەد دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ ئەیهێنینو لە ترازووی ئێمە هیچ ون نابیو بەسین بۆ سەرپەرستی کردەوەی هۆشیارانی جیهانو بیرو باوەڕیان •

زەرە هەتــا کێو لــە بەرزیو نشێو
بیــرو کــردەوەی ئــادەمی یــا دێــو
هەموو نووسراوی دەفتەری کارە
ئەخوێنرێنەوە ئــەمدیوو ئەودیــو
بێ فەرقــە لــەمــا پادشــــاو گەدا
گەنجی دامــەزراو یــا پیری پەشــێو
مادام موحاســـیب (عالم الغیب)ە
حســـابی حەقە شــك مەهاوە نێو



(ولَقَــدْ آتَیْنا موسی وهـــارونَ الفُرْقَانَ وضِیاءً وذِکْراً لِلمُتَّقِینَ) (٤٨)

ئێمە دامان بە مۆساو هارون کتێبێ کە لە واقیعا حـــەقو بەتـــاڵی جیاکردوەتەوە لە یەكو رووناکیەکی وایە کە ئادەمیزادی لە تاریکی نەزانیو سەرگەردانی رزگارکردوەو زیکری خودایە بۆ ئەوانە خواستیان لەسەر تەقواو پارێزگاری بوەو سوودی لێوەرئەگرن •

(الَّذِینَ یَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالغَیْبِ وهُمْ مِنَ السَّاعَـــةِ مُشْفِقُونَ) (٤٩)

ئەو خاوەن تەقوایانە کە لە خودای خۆیان ئەترســـن لە پەنامەکیداو ترسی رۆژی قیامەتیان هەیە •

(وهذا ذِکْرٌ مُبارَكٌ أنْزَلْناهُ ، أفَأنْتُمْ لَهُ مُنْکِرونَ ؟) (٥٠)

وە ئەم قورئانە فەصیحە رەوانو خاوەن بەلاغەتو رەسا بــە هەموو شوێنو زەمانە کتێبێکی پیرۆزەو ناردوومانەتە خوار بۆ تەمیو تــەربیەی ئادەمیزادو بۆ بلاوکردنەوەی یاسای بەختەوەری دنیاو قیامەت ئایــا ئێوە ئینکاری ئەکەن لەگەڵ ئەوەدا کە حەق وەهایە باوەڕی پێبکەنو رەفتــاری پێ بکەن ؟

(ولَقَدْ آتَيْنا إبْراهِيمَ رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ وكُنَّــا بِــهِ عَالِمِينَ) (٥١)

وە بە راستی دابوومان بە ئیبراهیمی خەلیل لە پێش زەمانی موســاو هاروونا کارزانی دینیو دنیاییو رووناکییەکی وامان خستە دڵیەوە راستی بە راست ئەزانیو لاری بەلارو ئێمە زانا بووین بە ئەحواڵی ئیبراهیم ، ئەمانزانی کە ئینسانێکی دارای خوو رەوشتی بەرزی پیاوانەیەو بە کاری ئەوە دێ کە ئەهلی دنیا لە باری لار وەرگەڕێنێ بۆ باری راست •

(إذْ قالَ لِأَبِيهِ وقَوْمِهِ : ما هذِهِ التَّماثِيلُ الَّتي اَنْتُمْ لَها عاكِفُونَ ؟) (٥٢)

لەو کاتەدا کە ئیبراهیم فەرمووی بە باوکیو گەلەکەی : ئەم بتانە چین کە ئێوە بە دەوریانا جێنشین بوونو عەیبتان لێ نایێ کە دێن بە دەوری دارو بەردێکی بێ گیانا ؟ نازانن خۆتان هێناوتانو دروستتان کردوون ؟!

(قالُوا : وجَدْنَا آباءَنا لَها عَابِدِينَ) (٥٣)

ئەوانیش لە وەڵامی ئیبراهیمدا وتیان : ئێمە حاڵی بووین‌و ئەزانین بەوە کە باوك‌و باپیرەکانمان بەندەیی ئەم بتانەیان کردوەو ئێمەیش لەسەر باساو رێگەی ئەوانین •

(قالَ : لَقَدْ كُنْتُمْ ، اَنْتُمْ وآباؤُكُمْ ، فِي ضَلالٍ مُبِينٍ) (٥٤)

جا ئیبراهیم فەرمووی : بە راستی ئێوە خۆتان‌و باوك‌و باپیرەکانتان لە گومڕاهیەکی دیاریدا بوون ؛ چونکی شتێ کە بە عەقڵ‌و هۆش بزانی بێ سوودە چۆن ئینسان ئەکەوێتە شوێنی ؟!

(قالُوا : اَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ اَمْ اَنْتَ مِنَ اللاعِبِينَ ؟) (٥٥)

ئەوانیش لە لایان دوور بو کە ئیبراهیم لەو دینە لابداو لەملایشەوە قسەکانی بەجێ‌بوون پێیان وت : ئایا تۆ پەیامێکی راست‌و رێکی واقیعت بۆ هێناوین یان تۆ گاڵتە ئەکەیت‌و لە کۆمەڵەی گاڵتەچییانی ؟

(قالَ : بَلْ رَبُّكُمْ رَبُّ السَّماواتِ والاَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ واَنا على ذلِكُمْ مِنَ الشّاهِدِينَ) (٥٦)

جا ئیبراهیم فەرمووی : نەخەیر خودای ئێوە خودای ئاسمانەکان‌و زەوییە ئەو خودایە کە ئەوانەی دروست‌کردوە لە نەبوون‌و من لەسەر ئەم داوایە شاهیدو ئاگادارو دڵنیام‌و لە شاهیدەکانم •

(وتاللهِ لأَكيدَنَّ اَصْنامَكُم بَعْدَ اَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ) (٥٧)

بە خودا تێئەکۆشم لە شکاندنی بتەکانتانا پاش ئەوە کە پشتتان لەم بتخانەیە هەڵکرد •

(فَجَعَلَهُمْ جُذاذاً إِلاَّ كَبِيراً لَهُمْ ، لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ) (٥٨)

کاتێ دەوری بتەکان چۆڵ بوو حەزرەتی ئیبراهیم رۆیشت هەموو بتەکانی پارچە پارچەکرد بتەگەورەکەیان نەبێ ، بە هیوای ئەوە پاش ئەوە **گەلەکەی ئاگادار بوون لەو رووداوەو لۆمەیان کرد** ئیبراهیم پێیان بڵێ : گەورەکەیان قاری لێ‌گرتوون‌و شکاندوونی بڕۆن لێی بپرسن ، ئەوانیش بڕۆن بۆ لای‌و پاش ئەوە کە رۆیشتن‌و قسەی نەبوو لەگەڵیانا ئیبراهیم ئەوە بکا بە بەڵگە بۆ خۆی‌و زاڵ ببێ بەسەریانا •

(قالُوا : مَنْ فَعَلَ هذا بِآلِهَتِنا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ ؟) (٥٩)

کاتێ بتپەرستەکان هاتنەوە بۆ بتخانەکەو تەماشایان کرد هەموو شکاون گەورەکەیان نەبێ ، لەسەر شێوەی پرسیار وتیان : کێ ئەمەی کردوەو ئەم کارە نابارەی بە خوداکانی ئێمە کردوە ؟ بە راستی ئینسانێکی ستەمکارو بەدکارو تاوانبارە !

(قالُوا : سَمِعْنا فتىً يَذْكُرُهُمْ يُقالُ لَهُ : إِبْراهِيم) (٦٠)

خەڵکی ئەو دەورو بەرە وتیان : گوێمان لێ بو جوانێ هەر ناوی ئەبردن‌و باسی ئەکردن‌و قسەی پێ‌ئەوتن ناوی ئیبراهیمە •

(قالُوا : فَأْتُوا بِهِ عَلى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ) (٦١)

ئەوانە کە تەحقیقی ڕووداوەکەیان ئەکرد وتیان بەو کۆمەڵە خەڵکە : دەی بڕۆن ئەو جوانە بێنن بۆ ئێرەو بۆ بەرچاوی خەڵك بەڵکو ئەوانە کە ئاگایان لە کردەوەکەی بوە شایەتی بدەن لەسەری یا ئەوانە کە چاویان پێی کەوتوە بەو ناوەدا بڵێن : ئەمە لێرەدا بو •

(قالُوا : أَأَنْتَ فَعَلْتَ هذا بِآلِهَتِنا يا إِبْراهِيمُ ؟) (٦٢)

کاتێ ئیبراهیمیان هێنا بۆ ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە لەم کارەساتە زویر بوون پرسیاریان لە ئیبراهیم کردو وتیان : ئایا تۆ ئەو کارەت کردوە بەم خودایانی ئێمە ئەی ئیبراهیم ؟

(قالَ : بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هذا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كانُوا يَنْطِقُونَ) (٦٣)

ئەویش لە وەڵامیانا فەرمووی : نەخێر ئەو کارە گەورەکەیان کردوویەتی ، دەی پرسیاریان لێ بکەن ئەگەر قسە ئەکەن‌و وەڵامی پرسیار ئەدەنەوە •

(فَرَجَعُوا إِلى أَنفُسِهِمْ فَقالُوا : إِنَّكُمْ أَنتُمُ الظّالِمونَ !(٦٤)

ئەو کۆمەڵە کافرانە گەڕانەوە بۆ پرسیار لە نەفسی خۆیانو تەماشای عەقڵو هۆشی خۆیان کردو شوعووریان بەوە پەیداکرد کە ئەو بتانە قسە ناکەن ، جا لە ناو خۆیانا بازێکیان وتیان بە بازێ لە خۆیان : بە راستی ئێوە خۆتان ستەمکارن کە چەنهای چەن ساڵ ئەم بتانە ئەپەرستن یاخود ئێوە خۆتان ستەمکارن کە ئەم پرسیارە لە ئیبراهیم ئەکەن بۆ ئەوە کە وەها وەڵامتان بداتەوەو رسواتان بکا •

(ثُمَّ نُكِسُوا على رُؤُسِهِمْ : لَقَدْ عَلِمْتَ ما هؤُلاءِ يَنْطِقُونَ !) (٦٥)

لە پاش ئەوە کە حاڵی بوون بتەکان قسەیان نەکردوەو قسە ناکەنو ئیبراهیم رسوای کردوون هەڵچەرخانەوە بە سەر سەری خۆیاناو وتیان بە ئیبراهیم : تۆ خۆت ئەزانی کە ئەو بتانە قسە ناکەن بۆچی ئێمە بەرەوڕووی ئەوان ئەکەیتەوە ؟!

(قالَ : أَفَتَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ما لا يَنفَعُكُمْ شَيْئاً ولا يَضُرُّكُمْ ؟!) (٦٦)

فەرمووی : کە ئێوە بەوە ئەزانن کە ئەو بتانە قسە ناکەنو وشكو بێگیانن دیارە سوودێ لەوانەوە پەیدا نابێ ، جا هێشتا بەم ئاگاداری خۆتانەوە بەندەیی بۆ غەیری خودا بۆ چەن شتێ ئەکەن کە بە هیچ جۆرێ سوودو زیانیان بۆتان نیەو بوونو نەبوونیان وەك یەك وایە ؟!

(اُفٍّ لَکُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ ! اَفَلاَ تَعْقِلُونَ ؟) (٦٧)

ئۆف بۆ ئێوەو بۆ ئەو شتە کە بێجگە لە خودا بەندەیی بۆ ئەکەن . ئایا عەقڵتان نیە یا بیر ناکەنەوە لەوەدا کە ئەم حاڵی ئێوە بێ‌سوودە ؟

(قالُوا : حَرِّقُوهُ وانْصُرُوا آلِهَتَکُمْ إنْ کُنْتُمْ فاعِلِینَ) (٦٨)

کاتێ حەزرەتی ئیبراهیم وەها مەسەلەکەی باس‌کردو باسی بێ عەقڵی بتپەرستەکانی کرد ئەوانیش غیرەتی تیرەگەری‌و کۆمەڵایەتی خۆیان گرتیی، بە تایبەتی ئەیانزانی ئەو کیبانە کە لەسەر بتپەرستی دایان‌ناوە هەرەس ئەباو ئیتر ئەو پایەو مایەیان لە دەست دەرئەچێ .. وتیان : بێن ئیبراهیم بسووتێنن‌و شوێنەواری لە دنیادا مەیەڵنەوەو یارمەتی دەوامی خوداکانتان بدەن ئەگەر ئەتانەوێ شتێکیان بۆ بکەن .

جا بڕیاریان لەسەر سووتاندنی ئیبراهیم داو ئەندازەیەکی زۆر دارو سووتەمەنییان گردکردەوەو ئاگریان پێوە نا هەتا گڕی لێ بەرزەوەبوو لەبەر ئەوە کەس نەیئەتوانی نزیکی ئاگرەکە ببێتەوە حەزرەتی ئیبراهیمیان بە دەست‌و پێ بەسراوی خستە ناو (مەنجەنیقێکەوە)و فڕەیان دا بۆ ناو ئاگرەکەو وازیان لێ هێنا بۆ ئەوە بە تەواوی بسووتێ ! خوداش ئەفەرموێ:

(قُلْنا : یا نارُ کُونِي بَرْداً وسَلاماً علی إبْراهِیمَ) (٦٩)

وتمان بەو ئاگرە : ئەی ئاگر ببە بە مادەیەکی ساردو بێ زیان‌و هۆی ئارامی لەسەر لەشی ئیبراهیم ، وە لە واقیعا پاش ئەوە کە ئەو ئاگرە بە

تەواوی دامردەوەو جێگەکە ساردەوە بوو رۆیشتن تەماشـایان کرد کـە ئیبراهیم ساغو سەلامەتەو لە شوێنەکەی خۆیا ماوەتەوە •

(واَرادُوا بِهِ كَيْداً ، فَجَعَلْناهُمُ الاَخْسَرِينَ) (٧٠)

ئەوان ویستیان ئیبراهیم لەناوبەرن بە جۆرێ ئیرادەی کەسێ کە بـە فێڵ بە خراپترینی شێوە دوژمنی خۆی بکوژێو لە ناوی ببا ، بەڵام ئێمە ئەو دوژمنە بتپەرستانەمان کرد بە کۆمەڵێکی زۆر زیانباری بێرەواجی ئـابڕو رۆیشتووی لادێو شارو بوون بە پەندی رۆزگار •

(ونَجَّيْناهُ ولوطاً إلى الاَرْضِ التّي بارَكْنا فِيها لِلعالَمِينَ) (٧١)

وە پاش ئەوە کە لەو ئاگرە قەبە رزگار بو ئەوو لوطمان لە کوشتن بە دەستی نەمرود رزگار کردو ناردمانن بۆ ئەو زەویە کە خێرو پیرۆزیسان تیا داناوە بۆ ئەهلی جیهان لەوانە کە ئەڕۆن لەوێ دانیشن ، وە ئەو پیرۆزییە لە مـادەدا بریتیە لە هەوای سازگارو پاکو میوەی زۆرو کشتوکاڵو داری بـەری بەسوود ، وە لە مانادا بریتیە لەوە کە گـەلێ پێغـەمەرانم لەو وڵاتەدا رەوانەکردوەو لە ئەنجاما (بيت المقدس)ی تێدا دروستکرا •

(ووَهَبْنا لَهُ إسْحاقَ ويَعْقوبَ نافِلَةً ، وكُلاً جَعَلْنـا صَالِحِينَ) (٧٢)


وە بەخشیمان بە ئیبراهیم کوڕێکی خاوەن پایە وەکو ئیسحاق بێو یەعقووبیشمان پێدا بە زیادە لەسەر ئەوە کە خۆی داوای کردو ئەم کۆمەڵە ئینسانەمان کرد بە پیاوە چاکەکانی رۆزگارو رووماکردنە خۆمان •

(وجَعَلْناهُمْ أئِمَّةً يَهْدونَ بِأمْرِنا وأوْحَيْنا إليهِمْ فِعْلَ الخَيْراتِ وإقامَ الصَّلاةِ وإيتاءَ الزَّكاةِ وكانُوا لَنا عابِدِينَ) (٧٣)

وە ئەم چوار زاتە کە ئیبراهیمو لوطو ئیسحاقو یەعقوبە کردمانن بە پێشەوای ئادەمیزادی چەرخی خۆیان بۆ بەندەیی‌و فەرمانبەرداری‌و ئادەمیزادیان شارەزا کرد لەسەر فەرمانی ئێمەو،وەحیمان بۆ ناردن کە خێرات بەجێبێنن ، واتە واجباتو مەندووباتو نوێژەکانیان بە ساغی رابگرن‌و زەکاتی ماڵیان بدەن‌و لە راستیدا ئەمانە بەندەیی منیان بەجێ هێنا •

(ولوطاً آتَيْناهُ حُكْماً وعِلْماً ونَجَّيْناهُ مِنَ القَرْيَةِ الَّتي كانَتْ تَعْمَلُ الخَبائِثَ ، إنَّهُمْ كانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فاسِقينَ (٧٤) وأدْخَلْناهُ في رَحْمَتِنا إنَّهُ مِنَ الصَّالِحينَ) (٧٥)

وە لوطی برازای ئیبراهیم ئەویش حیکمەتو زانستێ کە پێویستی پێغەمەران بێ پێمداو رزگاریشم کردن لە بەدکاری خەڵکی ئەو دێیە وەکو (سەدوم) بێ کە کاری پیس‌و ناشیرینیان ئەکرد ، بە راستی قەومێکی بەدو بەدرەوشت بوون ، وە ئەو قەومە بێ‌ئەدەبەمان لەناوداو لوطمان خستە ناو کۆمەڵێ کە شیاوی رەحمەتی ئێمە بن ، وە یاخود ئەوەندە میهرەبانی‌و رەحمەتمان رژاند بەسەریا تا وەکو ئەوەی لێ‌هات رەحمەت بوو بە خانوویێ‌و لوطی تێچو ، چونکە بە راستی لوط لە پیاوە بۆخوداصوڵحاوەکان بو •




(ونوحاً إذْ نادى مِنْ قَبْلُ فاستَجَبْنا لَهُ فَنَجَّيْناهُ وأَهْلَهُ مِنَ الكَرْبِ العَظِيمِ) (٧٦)

وه باسی نوح بکه ، باسی ئەوه كه بانگی کرد له ئێمه بۆ یارمەتی خۆیو بەربادکردنی گەله نالەبارەکەیی‌و ئێمەیش ئەو بانگەمان بیستو خۆیو ئەوانه که شوێنی کەوتبوونو پەیڕەوی ئەوبوون رزگارمان کردن له بەڵای گەورەو خەمو خەفەتی بێ ئەندازه •

(ونَصَرْناهُ مِنَ القَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآياتِنا ، إنَّهُمْ كانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْناهُمْ أَجْمَعِينَ) (٧٧)

وه مەنعی نوحمان کرد له ئازاری ئەو گـەله كه ئايەتی خوداييـــان بەدرۆئەخستەوه ، نەمهێشت گەلەکەی ئازاری بدەن ، به راستی گەلەکـەی گەلێکی بەدڕەوشتو خووخراپ بوونو هەموومان خنکاندن بـه لافاوی ئاوی بێ ئامانو کەسیان رزگار نەبوو •



(وداودَ وسُلَيْمانَ إذْ يَحْكُمانِ في الحَرْثِ إذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ القَوْمِ وكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شاهِدِينَ (٧٨) ، فَفَهَّمْناهَا سُلَيْمانَ وكُلاً آتَيْنا حُكْماً وعِلْماً)

وه باسی داودو سلێمانی کوڕی بکه باسی ئەو کاته بکه كه حوکمیان ئەکرد له مەسەلەی کشتێ لەو دەشتەدا له نزیکی ئەوا كه ئاژەڵی گەلێکی

تێ بەرەڵا بووبوو ئێمە ئاگاداری حوکمی هەردو لایان بووین‌و حەقیقەتی حوکمەکەمان نیشانی سلێمان داو بە هەردوویان باوک‌و کوڕ حیکمەت‌و زانیاریمان داوە •

بزانن ! ئەم جێگەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم رووداوە بە دوو جۆر ریوایەت کراوە ؛ زۆبەی خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : دوو پیاو هاتن بۆ لای حەزرەتی داود یەکێ لەوان خاوەن کشت بوو ئەویان خاوەن مەڕ بو ، خاوەن کشتەکە عەرزی داودی کرد : مەڕی ئەم پیاوە چوەتە ناو کشتەکەی منەوەو هەموویان خواردوە ، جا داود فەرمووی : بڕۆ هەموو مەڕەکانی ئەو کابرا ببە بۆ خۆت لە باتی کشتەکەت ، کاتێ لە خزمەتی داود دەرچوون گەیشتن بە حەزرەتی سولەیمان فەرمووی : باوکم چۆن حوکمی دا لە بەینتانا ؟ ئەوانیش ئەو باسەیان بۆ گێڕاوە ، فەرمووی : ئەگەر من حوکمم بدایێ وا حوکمم نەئەدا لەناوتانا ، ئەوانیش قسەکەیان بۆ حەزرەتی داود گێڕایەوە ، جا سولەیمانی بانگ کردو فەرمووی : ئەی تۆ چۆن حوکمت ئەدا لە ناویانا ؟ عەرزی‌کرد : مەڕەکانم ئەدا بە خاوەن کشتەکە شیرو رۆن‌و خوریەکەی بخواردنایێ هەتا کشتی کابرا نە سالی دواییدا وەکو ئەوەی لێ ئەهات کە مەڕەکان خواردیان ئەو کاتە هەرکام ئەرۆیشتنەوە بۆ سەر ماڵی خۆیان •

وە ئیبن‌و مەسعود فەرموویەتی : شوانێ لە شەوێکدا لە نزیکی باخێکی مێوا ئاژەڵەکەی ئەلەوەڕان‌و ئەو ئاژەڵە بەو شەوە کەوتنە باخەکەی کابراو هەموو دارە وردەو گەڵاو بەری باخەکەیان خواردو شێلایان ، خاوەن باخ هات لای داود شکاتی کردو وتی : گەلەی ئەو کابرا باخەکەی وێران‌کردووم،

ئەویش فەرمووی : مەڕەکانی بەرە بۆ خۆت لە باتی باخـــەکەت ، کـاتێ ڕۆیشتنەوە لە ڕێگەدا گەیشتن بە سولەیمان ، فەرمووی : باوکم چۆن حوکمی کرد لە بەینتانا ؟ ئەوانیش بۆیان گێڕایەوە ، جا فەرمووی : ئەگەر من حوکمم بدایێ وەها حوکمم نەئەدا • ئەوانیش ڕۆیشتنەوە بۆ لای داودو قسەکەیان بۆ گێڕایەوە ، داود سولەیمانی بانگکردو فەرمووی : تۆ چۆن حوکمت ئەدا ؟ عەرزی کرد : مەڕەکانم ئەدا بە خاوەن باخـــەکە ســـوودی لێ وەربگرتایەن‌و خاوەن مەڕەکەیشم ئەنارد خزمەتی باخەکەی بکردایە هەتـا وەکو کاتی زووی لێ‌ئەهاتەوە ئەوجار باخەکەم ئەدایەوە بـە خاوەنەکەی‌و مەڕەکانیشم ئەدا بە خاوەنی خۆی ، حەزرەتی داود ئەم حوکمەی سولەیمانی پەسەند کردو حوکمەکەی پێشووی هەڵوەشاندەوە •

باسی دووهەم : دروستە کە حوکمەکەی حەزرەتی داود وەکو حوکمەکەی سولەیمان هەردوکیان لەسەر (اجتهاد) بووبن‌و سولەیمان لەو کاتەدا تەمەنی بیست‌و یەك ساڵ بوەو شەریعەتی خۆیانی زانیوە بەڵام حوکمەکەی سولەیمان لەبارتر بوە لە حوکمەکەی داودو لەسەر ئەو حوکمە لەبارە بڕیار دەرچوە •

وە ئەو کەسە بڵێت: حوکمەکەی حەزرەتی داود ناڕەوا بوەو حوکمەکەی سولەیمان ڕەوا بوە قسەکەی تەواو نیە • ئەهلی تەحقیق فەرموویانە : حوکمی هەردوکیان ڕاست بوە ؛ چونکی ئەو ئەندازە زیانە کە لە کشت یا لە باخی کابرا کەوتوە لە نرخا بە قەی ئەو ئەندازە مەڕە بوە ، کـە وابێ ئەگـــەر مەڕەکان بدەین بە کابرای خاوەن کشت یا خاوەن باخ جێگەی خۆیەتی •

هەروا ئەگونجێ ئەو ئەندازە شیرو دۆو ڕۆن‌و خوری‌و دەرامەتی ئەو ئاژەڵە لەو ڕۆژەدا بە قەی نرخی ئەو کشتە یا ئەو باخە بێ کـــە لە کابرا کەوتوە • کە وابێ حوکمەکەی سولەیمانیش هـەر ڕاســت بوە • بەڵام

حوكمه‌كه‌ی سوله‌یمان نزیكتره له لابردنی ئاژاوه ؛ چونكی كابرای خاوه‌ن موڵك خاوه‌نی عه‌رزو شوێنه‌كه‌ی خۆی بوه ، وه بۆ ساڵی دوایی وه‌كو خۆی لێ‌ئه‌هاته‌وه . جا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ئه‌گه‌ر مه‌ڕی كابرایش له لای بسایێ خاوه‌ن مه‌ڕه‌كه زۆر تێك‌ئه‌چوو له‌وانه بوو بڵێت : چۆن كابرای خاوه‌ن موڵك كه‌ڵك له موڵكه‌كه‌ی خۆی وه‌رگرێ‌و مه‌ڕه‌كانی منیش بیات ؟ جا له‌به‌ر ئـــه‌م نوخته هه‌رچه‌ن حوكمه‌كان هه‌ردوكیان راستن حوكمه‌كه‌ی ســـوله‌یمان باشتره ؛ چونكی ئاژاوه‌ی لێ په‌یدا نابێ .

ئه‌م مه‌سه‌له له مه‌زهه‌بی ئیمامی شافیعیدا حوكمی ئه‌مه‌یــه ئه‌ندازه‌ی زیانی خاوه‌ن كشت یا باخه‌كه به خاوه‌ن مه‌ڕه‌كه بیژێرین له‌سه‌ر نرخ . ئیتر مه‌ڕی كابرا ماڵی خۆیه‌تی ؛ چونكی زیانی ئاژه‌ڵ به رۆژا نابژێرێ له‌به‌ر ئه‌وه خاوه‌ن كشت پێویسته به رۆژا ئاگای له ماڵی خۆی بێ ؛ به‌ڵام له شه‌ودا ، وه‌كو ئه‌م مه‌سه‌له‌ی حه‌زره‌تی داوده ، له‌سه‌ر كابرای خاوه‌ن ئاژه‌ڵه ؛ چونكی واجبه له‌سه‌ری ئاگای له ئاژه‌ڵه‌كه‌ی بێ نه‌یه‌ڵێ زیانه‌خورۆیی بكه‌ن .

وه ئه‌گه‌ر حوكمه‌كه‌یان له‌سه‌ر (نص) بووبێ ، به‌م مه‌عنا له شه‌ریعه‌تی ته‌وراتا له‌و چه‌رخه‌دا ره‌فتاری پێ‌كراوه بڕیار دراوه هه‌ركه‌سێ زیانێ بدا له ماڵی كه‌سێ واجبه ئه‌و زیانه ببژێرێ .. هه‌ر ره‌وایه ، به‌ڵكو ئه‌مه له واقیع نزیكتره ، به‌ڵام له واقیعا چونكی شه‌ریعه‌تی ته‌ورات (جامع) بوه بۆ هه‌موو عیبادات‌و جینایات ، چ لەســـه‌ر نه‌فس‌و چ له‌سه‌ر ماڵ بۆیــــه له قورئانا ئه‌فه‌رموێت : (وكتبنا فيها ان النفس بالنفس والعين بالعين ... الايه) .

به‌ڵام له‌سه‌ر عه‌قڵ ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه گه‌لێ له (اصول)یه‌كان بــه‌وه رازی نین ئیجتیهاد بۆ پێغه‌مه‌ران ببێ له ئه‌حكامی ته‌شریعیدا ئه‌وه‌نه هه‌یه ئه‌ڵێن : ئه‌گه‌ر ئیجتیهاد بكه‌ن ئه‌وه له راوێژو ته‌گبیری ئیش‌و كاری دنیاییدا بوه وه‌كو سوپابردن‌و جه‌نگ كردن‌و ئه‌م جۆره شتانه .

كە وابێ ئەبێ حەزرەتی داود ــ د ــ بیریوابووبێ كە بە ئەندازەی سەری حەیوانەكان زیانی كابرای خاوەن موڵك بژێررێ ، وە بیری سولەیمان وابووبێ كە بە ئەندازی بارەی حەیوانەكان بژێررێ وە ئەمەیش زۆر لەبارتر بوە بۆ چاری ئاشووب لەناویانا .

وەلحاصڵ بینا لەسەر ئەوە كە حوكمەكەیان ئیجتیهادی بووبێ یا لەسەر شەریعەتی تەورات بووبێ ئەم دوو زاتە جیاوازییان لە حوكمەكەدا نەبوە كە (وجوب)ی بژاردنی ماڵی خاوەن كشت یا خاوەن باخە . بەڵام ئەوەندە بوە بیریان یەك نەبوە لە چلۆنیەتی بژاردنەكەیا بیری حەزرەتی داود لــە ئەوەڵەوە وا بوە كە بە نەفسی حەیوانەكان بژێررێو ، بیری حــەزرەتی سولەیمان وابوە كە بە واریداتو دەرامەتی ئەو حەیوانانە بێو حەزرەتی داود ئەم بیرەی پەسەند كرد .

(وسَخَّرْنا مَعَ داودَ الجِبالَ يُسَبِّحْنَ والطَّيْرَ وكُنَّــا فَاعِلِينَ) (٧٩)

وە بۆ زیادەهێزدان بە دڵی داود بۆ جیهادكردن لە رێگــەی خودادا كێوەكانمان رام كردو پەلەوەرەكانی ئەو دەوروبەرەمان رام كرد كە زیكرو تەسبیحاتی خودا بكەن لەگەڵ داودا لەو كاتانەدا كە خــەریكی زیكرو تەسبیحاتی خودا ئەبو ، وە ئێمە بە تەوانایی خۆمان ئەم ئیشەمان كرد ئیتر مەڵێن : شتی وا چۆن ئەكرێو چۆن كێوی بێ شوعووری بێ زمانو لێو یاخود پەلەوەری بێ زمانی نەفام چۆن تەسبیحاتی خودا ئەكا ؟ لەبەر ئەوە من هێزم رووی كردە هەر شتێكی مومكین جێبەجێ ئەبێ . وا دەركەوت ئەم تەسبیحاتە بەدەنگبوەو بیسراوە ، نەك تەسبیح بە زمانی حاڵ ؛ چونكی

هەموو شتێ تەسبیحی خودا ئەکاو موناسبی تەقیید بە رەفاقەتی حەزرەتی داودەوە نیە ، واتە مەوجوودات هەموو کاتێو لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە زمانی حاڵ هەیە ئیتر بۆ ئەبێ لەگەڵ داوداو بۆچی ئەڵێ تەسخیرمان کردن ؟ وە بۆچی ئەڵێ (وكنا فاعلين)و تەئکیدی ئەو مەبەستە ئەکاتەوە ؟

(وعلَّمْناهُ صَنْعَةَ لَبوسٍ لَكُمْ لِتُحْصِنَكُمْ مِنْ بَاْسِكُمْ . فَهَلْ اَنْتُمْ شاكِرونَ ؟) (٨٠)

وە داودمان فێری دروستکردنی پۆشاکێکی جەنگی کرد بۆ ئەوە کە بتانپارێزێ لە برینی کاتی جەنگتان ، جا ئایا ئێوە سوپاسگوزاری خودای خۆتانن‌و شوکری ئەکەن ؟

(ولسُلَيْمانَ الرِّيحَ عاصِفَةً تَجْري بِأمْرِهِ الى الاَرْضِ التّي بارَكْنا فِيها وكُنّا بكل شَيْءٍ عالمِينَ) (٨٢)

وە رامان کرد بۆ سولەیمان بایێ کە بە هێزی توند ئەهات‌و لەسەر دڵخوازی ئەو رەوان ئەبو بۆ ئەو خاکە کە پیرۆزیمان پێداوە وەکو خاکی شامات بێ‌و ئێمە زانا بووین بە حاڵی سولەیمان لە کاتی سواربوونی کورسیەکەیی‌و رۆیشتنی بە هۆی باوەو هەڵگرتنی کورسیەکە بە با .


ریوایەتکراوە : کە خودای تەعالا بای رام کردوە بۆ حەزرەتی سولەیمان‌و هەر کاتێ خواستی لەسەر ئەوە بوایە بڕوا بۆ شوێنێکی دوور خۆی‌و ئەوانە کە لەگەڵیا بوون سواری تەختەکەی ئەبوون‌و با هەڵیئەگرتن

بۆ ئەو شوێنەو تاقی بەیانی مانگەرێگەیێو تاقی ئێوارە مانگەرێگەیێ ئـەو کورسیەی ئەبرد لەسەر ئارەزووی سولەیمان •

وە ئەو بایە زۆر تیژو ئارامو بێ زیانو رەوان بوە ، واتــە وەهـــا کورسیەکەی هەڵنەگرتوە کە ئەوانە بەسەریەوە بوون بکەونە خوارەوە یان لارە بکەن بەملاو بەولاداو بە ئارامو ئاسانی هەڵی گرتوون •

(ومِنَ الشَّياطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ ويَعْمَلُونَ عَمَلاً دونَ ذلِكَ ، وكُنَّا لَهُمْ حافِظِينَ) (٨٣)

وە رامکان کردبوو بۆ سولەیمان لە جنۆکەکان کەسانێ کە بە فەرمانی ئەو ئەرۆیشتنە خوارەوە بە دەریاداو گەوهەرو دوڕی بە نرخیـــان بۆ دەرئەهێناو کاری لەوە کەمتریشیان بۆ ئەکرد ، وەکو بازێ پیشەسازیو ، کاری خانوو کردنو ، داهێنانی شتی نایاب ••• وە ئێمە ئەو جنۆکانمانــە ئەپارازت لەوە کە زیان بدەن لە کارو باری حەزرەتی سولەیمان •



(وايُّوبَ إذْ نادى رَبَّهُ: انّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وانْتَ ارْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (٨٤)

وە باسی ئەیوب بکە لەو کاتەدا لەگەڵ ئەوەدا کە گیرۆدە بوو بــە ناساغیو نەخۆشینێکی زۆر ناهەموار رووی کردە بارەگای کەرەمو رەحمەتی خوداو پاڕایەوەو فەرمووی : پەروەردگارا ! من تووشی ناساغی دەروونیو

بێ ئاسایشی بووم و تۆیش لە هەموو خاوەن بەزەییێ بە بەزەییتری و ئەمەوێ بە میهرەبانی خۆت لەم دەردە گرانە رزگارم بکەی •

(فاسْتَجَبْنا لَهُ فَكَشَفْنا ما بِهِ مِنْ ضُرٍّ ، وآتَيْناهُ أهْلَهُ ومِثْلَهُمْ مَعَهُمْ ، رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنا وذِكْرى لِلْعابِدِينَ) (٨٥)

ئێمەیش دۆعاکەیمان گیراکردو ئەو ناساغیە کە تووشی بووبو لەسەرمان لابردو شیفامان بۆ نارد ، وە ئەوانەی کە مردبوون لە ئەولادەکانی پێمدایەوە ، واتە زیندووم کردنەوە بۆی ، وە ئەونەی تریشم پێدا لەگەڵ ئەوانەدا بە رەحمەتێکی تایبەتی لە لای خۆمانەوە بۆ ئەوو ، بۆ ئەوەیش ببێ بە هۆی بیرکردنەوەو مامەڵەو رەفتاری باش لە لایەنی ئەوانەوە کە بەندەیی خودا ئەکەن •

ریوایەتکراوە : کە حەزرەتی ئەیوب لە نەتەوەی (عیص) کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم بوە . خودای تەعالا کردی بە پێغەمەری خۆی و (رەحمە)ی کچی (افرایم)ی کوڕی حەزرەتی (یوسف)ی مارەکردو ، خودا دارایی و نەوەیەکی زۆری پێداو زۆر بە ئاسایش و کامەرانی رایان ئەبوارد • بە قەزای خودا خانوو رووخا بەسەر منداڵەکانیاو هەموویان مردن و ، خۆیشی گیرۆدەی برین بوو لە لەشیاو ئەو برین و نەخۆشیە حەوت ساڵی خایاند ، تا لە ئەنجاما زۆر ئازاری پێگەیشت و لە خودای تەعالا پاڕایەوە ، جا خودای تەعالا دۆعاکەی گیرا کردو ئەمری پێکرد : بڕوا لە شوێنێکی دیاریدا پێ بکوتێ بە زەویدا ، ئەویش رۆیشت پێی کوتا بە زەویداو لەو شوێنەدا ئاوێ دەرچوو ، خودا وەحی بۆ نارد : لەو ئاوە بخواتەوە هەر مادەیێ کە هۆی ئەو نەخۆشیە بێ لە ناو سکیا دەرئەچێ ،

هەروا خۆی پێ بشۆرێ‌و برینەکانی لەشی چاك ئەبنەوەو ئەویش وای کردو خودا لەو ئازارە رزگاری کردو منداڵە مردوەکانی بۆ زینـدوو کردەوەو ئەوەنەی بووی کوڕو کوڕەزای تریشی لە پاش ئەو رۆژە پێدا •

(وإسْماعِيلَ وإدْرِيسَ وذا الْكِفْلِ كُلٌّ مِن الصَّابِرِينَ) (٨٦)

وە باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکە بۆ ئەوانە کە حازر ئەبن لـە لات ، هەروا باسی ئیدریس بکە کە لە پێش حەزرەتی نوحدا بوەو ، باسی ذولکیفل بکە کە بریتیە لە (الیاس) یا لە (یوشع)و ناوبراوە بە (ذوالكفل) چونکە خاوەنی بەشێکی گەورە بوە لە لای خودای تەعالا ، وە یا چونکی کەفالەتی ئوممەتەکەی ئەکردو خزمەتی ئەکردن ، ئەم زاتانە هـەموویان‌لە خۆگران بوون‌و بەرابەر بە زەحمەتی زۆر سەخت‌و بە تین خۆیانیان راگرتوە•

(وأدْخَلْناهُمْ فِي رَحْمَتِنا ، إنَّهُمْ مِنَ الصَّالِحِينَ) (٨٧)

وە ئەمانەم خستوەتە ناو رەحمەتی خۆمانەوە ؛ چونکە بە راستی ئەمانە لە ئادەمیزادە رەوشت باشەکان‌و لە پیاوچاکان بوون‌و کردەوەیان باش بوە•



(وذا النُّونِ إذْ ذَهَبَ مُغاضِباً فَظَنَّ أنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ ، فَنادى فِي الظُّلُماتِ : أنْ لا إلهَ إلاَّ أنْتَ ـ سُبْحانَكَ ـ إنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (٨٨) ، فاسْتَجَبْنا لَهُ ونَجَّيْناهُ مِنَ الغَمِّ وكَذلِكَ نُنْجِي المُؤْمِنِينَ) (٨٩)

وە باسی یونس بکە کە مەشهوورە بە (ذو النون) لەبەر ئەوە کەوتە سکی ماسیەوەو (نون) ماسیە ، لەو کاتەدا کە رۆیشت لە ئاوەدانی (نینوی) دەرچوو سەری خۆی هەڵگرت لە کاتێکا رقی داهاتبو لە قەومەکەی لەبەر سەرسەختیو سەرپێچییان ئەوانیش یونسیان عاجز کردبو ، وە کاتێ لەو ئاوەدانیە دەرچو وا گومانی برد کە ئێمە تەنگانەی بە سەردا نایەنین لەبەر ئەوە زۆر ئازاری دڵیان دابو ، نەیزانی کە موناسبی حاڵی رەهبەر ئەوەیە خۆگر بێ .. جا ئێمە خستمانە سکی ماسیەوە . جا یونس لە ناو چەن تاریکییەکدا : تاریکی سکی ماسیو تاریکی دەریاو ، تاریکی قووڵی دەریا.، بانگی کردو وتی : پەروەردگارا کەس خودا نیەو کەس بەندەیی بۆ ناکرێ تۆ نەبێو بە پاکو دوورت ئەگرم لە هەموو عەیبێو بە راستی من لەوانەم کە ستەمکارن . ستەمم لە خۆم کرد کە خۆم نەگرتو بە عەزمی رەهبەران رەفتارم نەکرد ، ئیستە داوای رزگاری ئەکەم لەم تاریکستانە ، جا ئێمەیش هاوارەکەمان لێ وەرگرتو رزگارمان کرد لەو خەمو پەرێشانیە کە کەوتبوە ناویو فەرمانمان دا بە ماسیەکە کە هاتە کەناری دەریاکەوەو دەمی کردەوەو یونس رۆیشتە دەرەوەو هەر بەو میهرەبانیە موسوڵمانان لە پەرێشانی رزگار ئەکەینو مەینەتی قەزای رۆزگاریان لەسەر لائەبەین .

بزانن ! یونس کوڕی (متی) ناوی باوکیەتی ، بە گوێرەی ئەوەی لە صەحیحی بوخاریدایە . وە ریوایەت کراوە کە ئەم زاتە لە زەمانی (ملوك الطوائف)دا بوە لە پاش ئەسکەندەری رۆمیو لە پێش زەمانی عیسا ـد،وە بازێ ئەڵێن : لە زەمانی شەعیادا بوەو لە باسی ئەم رووداوەدا دوو قسە هەیە ، یەکەم ؛ ئەمەیە کە یونس لە بەنیئیسرائیلەو لە خەڵکی دێی (حلحول)ە لە وڵاتی فەلەستین ، وە لەو چەرخەدا ئاشوورییەکان هاتبوون بەسەر بەنی ئیسرائیلداو گەلێکیان بە دیل گرتنو بردنیان بۆ (نینوی) .

جا خودا وەحی نارد بۆ سەر حەزرەتی شەعیا ـدـ کە بڕوات بۆ لای پاشای بەنیئیسرائیلیەکان ، (حزقیل) کە پێنج کـەس لە پێغـەمەرانی بەنیئیسرائیل لەو کاتەدا مەوجود بوونو یونس یەکێ بو لەوان : رەوانەیاز بکا بۆ جەنگ لەگەڵ پاشای ئاشووریدا بەڵکو دیلەکان بهێننەوە •

حزقیل وتی : نەخەیر تەنیا یونس ئەنێرم ؛ چونکی ئینسانێکی بە هێزو هێمنەو ، یونسی بانگ کرد پێی وت : بڕۆ بۆ سەر ئاشوورییەکان ، یونس فەرمووی بە پاشا : خودا ئەمری پێ کردووی من رەوانە بکەی ؟ وتی : نەء فەرمووی : دەی لەم شوێنەدا چەن پێغەمەر هەن یەکێ لەوان رەوانە بکە • پاشا قەبووڵی نەکردو وتی : ئەبێ هەر تۆ بڕۆی ، ئەویش قاری لە پاشا هەڵساو لەو شوێنە دەرچوو بۆ سەر دەریای رۆم ، یانی ئەوە کە ئیستـه ناوی (دەریایسپی)یە ، تەماشای کرد کەشتی حازرە ، ئەویش لەگـەڵ کۆمەڵێکا سواری کەشتی بو ، جا کاتێ ئەو کەشتیە ئەندازەیێ رۆیشـت کەشتیەکە کەوتە گێژەوەو راوەستاو خاوەن کەشتی وتی : بەراوردمـان کردوە هەرکاتێ تاوانبارێ لە ناو ئەم کەشتیەدا بێ کەشتیەکە رائەوەستێ ، قورعەیان خست بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارە ، تا سێ جار هەر بە ناوی یونس دەرچوو یونسیان خستە دەریاکەوەو نەهەنگێ لەوێدا هات یونسی قووت داو خودا مەنعی کرد لەوەی ئازاری بدا ، پاش ماوەیێ بە حوکمی خودا نەهەنگەکە هاتە قەراخی دەریاکەو دەمی کردەوەو یونس لـە دەمی دەرپەڕیو خودا کوولەکەیەکی بۆ ڕواندو یونس لە سێبەرەکەیدا مایەوە هەتا هەندێ خۆی گرتو بووژایەوە •

هەر لەو شوێنەوە خودا ناردی بە پێغەمەری بۆ سەر گەلی ئاشوور لە نەینەوادا کە صەد هەزار کەس یا زیاتر بوون ، وە ئەو گەلە ئیمانیان هێنا بە حەزرەتی یونس ، بەڵام پاش زەحمەتێکی زۆر •

بە پێی ئەم ریوایەتە یونس لە بەنی‌ئیسرائیلەو لە زەمانی شەعیادا بووەو رقەکەی لە (حزقیل)ی پاشای بەنی‌ئیسرائیل بووەو لە پێش رەوانەکردنیا بە پێغەمەری کەوتوەتە دەریاوەو نەهەنگ قووتی داوە ، وە پاش رزگاربوونی لە سکی نەهەنگەکە لە لایەنی خوداوە رەوانەکراوە بە پێغەمەرێتی بۆ سەر ئاشوورییەکان •


جا کاتێ رۆیشتە ناویان بە پاشاکەیانی وت : من پێغەمەری خودام هاتووم بۆ ئەوە کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ـ کە بە دیل هێناوتن ـ بەریان‌بدەی‌و خۆیشتان ئیمان بێنن بە خودا •

وە لە ریوایەتێکی ترا : حەزرەتی یونس رەوانە کرا بۆ سەر گەلی نەینەوا بە پێغەمەرێتی پێش رووداوی دەریا ، وە ئەم زاتە ماوەیەکی زۆر لەناو ئەو گەلەدا بوو بانگی ئەکردن بۆ ئیمان بە خوداو شیعاری دین‌و ئەوان هەر سەرپێچییان ئەکرد هەتا خودای تەعالا ئەمری کرد بە یونس کە هەڕەشە بکا لە گەلەکەی‌و بیان‌ترسێنێ بە هاتنی سزای خودا لە کاتی دیاریدا ئەگەر ئیمان نەهێنن ، ئەوانیش هەر لەسەر نافەرمانی خۆیان مانەوە ، جا کاتێ وادەی سزاکەیان نزیك بووەوە لە رقی گەلەکەی لەو شوێنە دەرچوو گومانی وابو کە ئەو سزا دێتە سەریان ، وە ئەو کە لەو شوێنە دەرئەچێ‌و خۆی ناگرێ لە ناویاندا خودای تەعالا هیچی بەسەردا نایەنێ ، هەتا رۆیشت گەیشتە قەراخی دەریاو لەگەڵ کۆمەڵێکدا چوونە ناو کەشتیەوەو خستیانە ناو دەریاکەوە وەك گێڕامانەوە •

وە لەم ریوایەتەدا هەڵدەگرێ دەریاکە (دجلە) یا (فورات) بێ • لەم لایشەوە کە یونس لە بەرچاوی خەڵکەکە گوم بوو وەزعی ئاسمان لە بەرچاویانا گۆڕاو باوەڕیان هاتە سەر ئەوە کە نزیکە ئەو سزا کە یونس فەرمووی بێتەخوارەوە بۆ سەریان ، وە گەلێ بە شوێن یونسدا گەڕان

دەستیان نەکەوت‌و ، لە ترسی ئەو سزا هەموو گردبوونەوەو تۆبەیان کردو، لە سەرپێچی خۆیان هاتنەخوارەوەو خودای تەعالایش سزاکەی لەسەر لابردن •


جا پاش ئەوە کە حەزرەتی یونس لە ناو سکی نەهەنگەکە دەرچوو، کەوتە دەشتەوە ماوەیێ لەژێری ئەو داری کوولەکەدا مایەوە . جا خودا لە حالی گەلەکەی ئاگادار کرد کە ئیمانیان هێناوەو ئەمری پێ فەرموو بڕواتەوە ناویان‌و ئەویش ڕۆیشتەوە بۆ ناویان‌و باقی تەمەنی لە ناو ئەواندا بەسەر بردو لە نەینەوادا کۆچی دوایی کردو لەوێدا بە خاك سپێرراو ئیستە گۆڕەکەی دیارەو ناسراوەو خەڵك زیارەتی ئەکەن‌و گەلێ لە ئەولیاو پیاوچاکان زیارەتیان کردوەو زیارەتی ئەکەن •



(وزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ : رَبِّ لا تَذَرْنِي فَرْداً وأَنْتَ خَيْرُ الْوارِثِينَ (٩٠) ، فاسْتَجَبْنا لَهُ ووَهَبْنا لَهُ يَحْيَى وأَصْلَحْنا لَهُ زَوْجَهُ ، إِنَّهُمْ كانُوا يُسارِعُونَ فِي الْخَيْراتِ ويَدْعُونَنا رَغَباً ورَهَباً ، وكانُوا لَنا خاشِعِينَ) (٩١)

وە باسی حەزرەتی زەکەریا بکە لەو کاتەدا کە لە خودا پاڕایەوەو بانگی لێ‌کردو فەرمووی : پەروەردگارا بە تەنیا بە بێ جێگەنشینێکی خاوەن پایەی دینی مەمرێنەو ، تۆ خۆت لە هەموو میراتبەرێ باشتری بۆ مانەوە لە پاش بەندەکانت • ئێمەیش پاڕانەوەکەمان وەرگرت‌و نیازەکەمان بەجێ هێناو کوڕێکمان پێ‌بەخشی کە ناوی (یحیا) بوو ژنەکەیشی هەرچەن پیربووبوو

لە رێی منداڵبووندا نەمابوو ، وەزعی منداڵدانسان بە جۆرێ باش کرد کە سکی ببێ ، لەبەر ئەوەیش ئەم میهرەبانیەم لەگەڵدا کردن ؛ چونکی ئەوانە باسایان وابو هەر خێرێ رێ بکەوتایێ بە پەلە ئەرۆیشتن ئەیانکرد ، چ لــە خێراتی واجبو ، چ لە ناواجبو ، هەمیشە لێمان ئەپاڕانەوە وە دۆعایان ئەکرد لەگەڵ خواستی کەرەمی خوداداو ترساندنیش لە سزای خودا ، وە ئــەوان هەمیشە دڵیان لە ئێمە ئەترسا •



(والَّتي اَحْصَنَتْ فَرْجَها ، فَنَفَخْنَا فِيها مِنْ رُوحِنَــــا وجَعَلْناهَا وابْنَها آيَةً لِلعالَمِينَ) (٩٢)

وە باسی ئەو ژنە پاکە داوێنپاکە بکە کە لەشی خۆی لە هەموو کارێکی نارەواو ناپەسەند پارازت ، جا ئێمەیش بە هۆی فریشتەی پاکســـروشت جوبرەئیلەوە فوویەکمان کرد بە بەرۆکو روویا کە ئەو فوە لە لایــــەنی مەلائیکەی ئێمەوە بوو هەتا بەو تاقە فوە سکی بوو بەو کوڕە پاکە پاکسیرەتە کە عیسایە ــ د ــ وە خۆیو کوڕەکەیشیمان کرد بە نیشانەی گەورەیی خۆمان لە جیهاندا ، وە هەر کەسێ لەو دایکو کوڕەدا بیربکاتەوە بە ئیمانو بە راستی ئەزانێ کە ئێمە خودایەکی زاناو تەوانای بێ وێنەو بێ هاوتاین •

(إنَّ هــــذِهِ اُمَّتُكُمْ اُمَّــــةً واحِـــدَةً واَنَا رَبُّكُمْ فاعْبُدونِ) (٩٣)

ئا ئەوەی کە باسمکرد بۆتان لە وجوودی خۆمو لە تاقو تەنیایی خۆم ئەوە دینو ئایینی ئێوەیە ئەی پێغەمەرەکان کە یەك میللەتو یەك دینە برێتیە

لە باوەڕ بە خودای زیندووی زانای تەوانای بیسەری بینای خاوەن کەلام •
وە منیش پەروەردگاری هەموو ئێوەم دەی هەمووتان بەندەیی من بە تەنیا
بکەن •

(وتَقَطَّعُوا اَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ ، كُلٌّ إِلَيْنا راجِعُونَ) (٩٤)

کەچی ئەو ئادەمیزادانە کە ئەم زاتە پاکانە بانگیان کردن بۆ ئەو دینە
پاکە یەك سیمایە دینی خۆیان پارچەپارچە کرد لە ناو خۆیانا ؛ بازێکیـــان
لەسەر دینی حەق مانەوەو ، بازێ لە حەق لایانداو هەموو ئەمانە بۆ لای
ئێمە ئەگەڕێنەوەو لە دەستم دەرناچن •

(فَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّــالِحاتِ ، وهُوَ مُؤْمِنٌ ، فَــلاَ
كُفْرانَ لِسَعْيِهِ وإِنّا لَهُ كاتِبُونَ) (٩٥)

جا هەرکەسێ شتێکی باشی کردبێو خۆیشی موسوڵمان بێ بە خودای
خۆی ئەوە شاردنەوەو پووچکردنەوە نیە بۆ کۆششی ئەو چاکەکەرەوئێمــە
چاکەکانی ئەنووسین •

(وحَرامٌ على قَرْيَةٍ اَهْلَكْناها اَنَّهُمْ لاَ يَرْجِعونَ) (٩٦)

وە مەمنووعە بۆ خەڵکی ئەو ئاواییە کە ئێمە بڕیارمان داوە وێرانی
بکەین لە بەر کردەوەی خراپیان ئەمە کە بگەڕێنەوە بۆ تەوبەو پەشیمانی لە
کردەوەی خراپ •

بە پێی ئەم مەعنایە حەرفی (لا) زیادەیە • وە ئەگونجێ ئەو حەرفە زیاد نەبێ ، بەم مەعنایە بڵێین حەرامە بۆ ئەو قەومە ناپەسەندە نەگەڕانەوەی بۆ لای ئێمە بۆ وەرگرتنی جەزای کردەوەیان ، وە بە قەطعی هەر دێنەوە بۆ لامو ئەگەن بە حەقی خۆیان •

(حَتَّى إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُمْ مِنْ كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ) (٩٧)

واتە حەرامە لەسەر ئەهلی ئەو دێ نابارە بگەڕێنەوە بۆ تەوبە هەتا رێگەی قەومی یەئجووجو مەئجووج ئەکرێتەوەو پردەکەی بەردەمیان ئەشکێو ئەوانیش لە هەموو بەردابیەکەوە ئەکەونە پەلەپەلو بە دنیادا بەر ئەبن •

(وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ ، فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا : يَا وَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِي غَفْلَةٍ مِنْ هَذَا ، بَلْ كُنَّا ظَالِمِينَ) (٩٨)

وە لەو کاتەدا کە یەئجووجو مەئجووج دەرگای هاتوچۆیان بۆ ئەکرێتەوەو دین لەبەر دەستیانا کز ئەبێو وەعدەی خودا بە هاتنی رۆژی قیامەت نزیك ئەبێتەوە کە ئەو وەعدە حەقەو لەو کاتەدا چاوەکانی ئەو کەسانە کە کافر بوون لە ترسا رەپ رائەوەستێو ئەڵێن : هاوار بۆ ئێمە کە غافڵ بووین لەم کارەساتەو نەمانزانی بەم کوتوپڕە دێتە پێشەوە ، نە ، نە ، تەنها غافڵ نەبووین بەڵکو ستەمی ناهەموارمان لە خۆمان کرد ؛ چونکە

دینمان خستە پشت گوێو ستەممان لە خەڵکیش کرد نەمانهێشت ڕێگەی ڕاست بگرن •

(إنَّكُمْ ومَا تَعْبُدونَ مِنْ دُونِ اللهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ اَنتُمْ لَهَا وارِدُونَ) (٩٩)

بە ڕاستی ئەی کافرانی مەکە ئێوەو هەرچی کـــە بێجگە لە خودا ئەپەرستن لەو بتە بێفامو بێ شوعوورانە سووتەمەنی دۆزەخن ، واتــە هەمووتان ئەڕۆنە ناوی‌و لەوێدا ئەسووتێنرێن •

(لَوْ كَـانَ هؤلاءِ آلِهَــــةً ما وَرَدُوهـــا ، وكُلٌّ فِيهـــا خَالِدُونَ) (١٠٠)

ئەگەر ئەو بتانە خودا بوونایێ ، وەکو ئێوە گومان ئەبەن ،نەئەڕۆیشتنە ناو دۆزەخەوە ، کەچی ئەوان لە ناو دۆزەخدان هەتا هەتایە •

(لَهُمْ فِيها زَفِيرٌ ، وهُمْ فِيها لاَ يَسْمَعُونَ) (١٠١)

بۆ ئەوانە هەیە کە ئەڕۆنە ناو دۆزەخەوە ناڵەو هەناسەهەڵکێشانێکی زۆر نابارو بێئاسایش ، وە ئەوانە لە دۆزەخدا گوێیان کەڕ ئەبێ‌و هیــچ نابیسێ ، وە یاخود شتێ نابیسێ کە هۆی دڵشادی بێ •

(إنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الحُسْنى اُولئِكَ عَنْهـــا مُبْعَدونَ) (١٠٢)

بە راستی ئەو کەسانە کە لە لایەنی ئێمەوە پایەو پلەی جوانیـــان بۆ بڕیاردراوەو بە گوێرەی زانست بڕیارم داوە کـــە بەهەشـــتینو جێگـــەی رەزامەندی ئێمەن • ئەوانە لەو دۆزەخە دوورئەخرێنەوە •

(لا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وهُمْ فِيما اشْتَهَتْ أَنْفُسُـــهُمْ خَالِدُونَ) (١٠٣)

دەنگی دۆزەخو بڵێسەی ئاگری دۆزەخ نابیسنو ئەوانە لە ناو ئەو نازو نیعمەتەدا کە نەفسیان ئارەزووی ئەکا دەوامدارن هەتا هەتایە •

(لا يَحْزُنُهُمُ الفزَعُ الأكبَرُ ، وتَتَلَقَّاهُمُ المَلائِكَـــةُ : هَذا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ) (١٠٤)

وە ترسێ لە هەموو ترسێ گەورەترە کە ترسی ئادەمیزادی مردوە لـــە کاتی فووی دوەم بۆ زیندووبوونەوە وە یا ترسی ناردنیان بۆ ئاگـــری دۆزەخ ، وە یا ترسی سەرنانەوەی دەرگای دۆزەخو جاڕدان بە دەوامی ئەهلی دۆزەخ لە دۆزەخدا •• ئەو ترسە نایەت بەسەر ئەو کەسانەدا کە خودا پلەو پایەی جوانی بۆ بڕیارداون ، وە فریشتەی رەحمەت دێن بـــە پێشوازی ئەوانەوەو بە رێزەوە عەرزیان ئەکەن : ئەم رۆژە ئەو رۆژە پیرۆزەیە کـــە وەختی خۆی لە دنیادا لەسەر زمانی پێغەمەرانو رەهبەران بەڵێنتان پێدرابو جا بە ئاسایشو هێمنی بمێننەوە بۆ خۆتان •

(يَوْمَ نَطْوِي السَّماءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ)

باسی ئەو رۆژە بکە کە ئاسمانی تیائەپێچینەوە ، یاخود ئەو کەسانە کە زانستی خودا رابوردوە بە پایەی باش بۆیان ترسی گەورە زویریان ناکا لەو رۆژەدا کە ئاسمانی تیا ئەپێچینەوە ، یاخود فریشتەی خودا دێن بە پێشوازی ئەو ئینسانە باشانەوە لەو رۆژەدا کە ئێمە ئاسمانی تیا ئەپێچینەوە وەکو چۆن نووسەر ئەو پەڕە نووسراوەی بەردەستی لوول ئەکاو ئەیپێچێتەوە •

(کَما بَدَأْنا اَوَّلَ خَلْقٍ نُعیدُهُ ، وَعْداً عَلَیْنا إِنّا کُنّا فاعِلِینَ) (١٠٥)

خودای تەعالا بە شێوەی ئیستیناف‌و زیکری جوملەی سەربەخۆ ئەفەرموێت : لە سەرەتاوە چۆن خەڵکمان دروست‌کردوە بەو جۆرە جارێکی تر دروستی ئەکەینەوەو زیندووی ئەکەینەوە ، واتە وەکو یەکەم جار بە ئاسانی‌و بە بێ یارمەتی کەس ئەم ئادەمیزادەو باقی خەڵکم دروست‌کرد وەها دروستیان ئەکەمەوە لەبەر وەفاو بەجێهێنانی ئەو بەڵێنە کە داومە بە دروستکردنەوەی ئەم خەڵکەو ، بە راستی ئێمە کار ئەکەین وە ئیبداع‌و ئیجادو گردکردنەوەی پارچە پارچەی پەرێشان لە جیهانا ، وە یا هەر سەرلەنوێ دروستیان بکەمەوە بە لای منەوە وەك یەك وانە •

وە لە فەرموودەکانی حەزرەتا ــ د ــ هەیە کە خودای تەعالا ئەم ئینسانە دروست ئەکاتەوە لە سەر مادەی (عجب الذنب) کە بە قەی زەڕەیەکە لە کۆتایی زنجیرەی پشتی ئینسانا •

وە ئەگەر ئینسانێ سووتابێ ، یا لە ئاوا خنکابێ وە یا خورابێ •• وە یا بە هەر جۆرێ بڵاوبوبێتەوە بە جیهانا لەوانەیە خودای تەعالا ئەو زەڕەی (عجب الذنب)ەی بپارێزێ‌و لەوێوە دروستی بکاتەوە ، وە ئەگەر ئەو

زەرەیشە هەر نەمابێ لە وجوودا هەم بۆ خودای تەعالا ئاسانە کە ئەو ئینسانە دروست بکاتەوە ، وەکو فەرموویەتی : (کما بدأنا اول خلق نعیده) ، وە نەمانی عەینی ئەو پارچەی لەشە کە لە دنیادا بوە هیچ زیانێ نادا لە مەسەلەی زیندووکردنەوەی مردوو بە لەش‌و گیانیەوە ؛ چونکی مەبەس لە زیندووکردنەوە ئەمەیە کە خودا ئینسانێ دروست بکاتەوە وەکو لە دنیادا بوە کە ئەمە هاتەجێ بەسە بۆ زیندووکردنەوە ، ئیتر پارچەکانی لەشی دنیای مابێتەوەو خودا گردیان بکاتەوە وەکو لە سوورەتی (یاسین)دا دەرئەکەوێ لە ئایەتی : (قل : یحییها الذی انشأها اول مرة) ، وە یاخود وێنەی ئەو پارچانەی بۆ دروست بکاتەوە وەکولە ئایەتی : (اولیس الذی خلق السماوات والارض بقادر علی ان یخلق مثلهم ؟) هوە دەرئەکەوێ ، مەبەست ئەوەیە وەکو یارۆی دنیا بێ ، ئەوەتا لە سوورەتی قیامەدا ئەفەرموێ : (بلی قادرین علی ان نسوی بنانه) جا مادام خودا خەتەکانی سەر پەنجەی ئینسان دروست بکاتەوە لە دنیادا چۆن بوە ئیتر هیچ نامێنێتەوە . وە ئەگەر گۆڕانێ بەسەر شێوەدا بێت بە جوانی یا بە ناشیرینی ئەوە کابرا ناکا بە ئینسانێکی غەیری ئینسانی پێشوو لە دنیادا ، وەکو ئینسانێ بە گەنجی قەرز بکا لە یەکێ بە پیری داوای لێئەکەنەوەو پێویستە بیداتەوە . هەر لە دنیایشدا هەمیشە پارچەی لەشی ئینسان وا لە لەناوچوون‌و تازەبوونەوەدا وەکو مەعلوومە ، وە ئەمەیش تەئثیری نیە لە سەر مانەوەی شەخسی ئینسان لە ئەحکامی دینی‌و دنیاییدا .

(وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ : اَنَّ الأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ) (١٠٦)

وە ئێمە لە زەبووردا ، کە کتێبی داود بوە ، نووسیومانەباسی زیکری خۆم کە بە راستی زەوی بەهەشت ئەمێنێتەوە بۆ ئەو بەندانەم کــە بیرو باوەڕو کردەوەیان باشەو لە پاش زیندووبوونەوە ئەو بەندانە ئەگەن بــەو بەهەشــتە •

وە یاخود خاکی فەلەستین لە دەست عەمالیقە دەرئەچێو ئەبێ بە ماڵ بۆ بەنیئیسرائیل ، وە یاخود لە دەس بەنی ئیسرائیل دەرئەچێو ئەبێ بە ماڵ بۆ ئوممەتی محەمەد ــ د ــ ، وە یاخود پاش ئــەوە کە یەهوود بــە زۆری بێگانەکان داگیری ئەکەن دووبارە ئەبێتەوە بە ماڵی موسوڵمانان لە ئوممەتی محەمەد ــ د ــ ، وە هیوامان وایە ئەم مانایە لە چەرخی ئێمەدا بێتە جێ •

(إِنَّ فِي هذا لَبَلاغاً لِقَوْمٍ عابِدِينَ) (١٠٧)

وە بە راستی لەم بەیانەدا ئیرشادو راگەیاندن هەیە بۆ گەلێ کە بەندەیی خودا ئەکەنو خاوەن بیرو باوەڕی راستن •

(وما اَرْسَلْناكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعالَمِينَ) (١٠٨)

وە ئێمە تۆمان نەناردوە ئیللا بەزاتێکی وەها کە هۆی رەحمـــەتو پیرۆزیت بۆ هەموو عالەم لە موسوڵمانو کافرانو جینو مەلائیکە ؛ چونکی تۆم نارد بۆ بانگکردنی هۆشیاران بۆ سەر ئیمان بە خوداو بە یەکناسینیو هەست بە لێپرسراویو ئامادە بوون بۆ پاداشی بیرو باوەڕو کردەوە لـــە پاشەڕۆژاو ، بۆ هاندانیان لە هەموو خوو رەوشتێکی بەرزو باڵاداو ، تۆم کرد بە چرایێ کە جیهان رووناك بکاتەوە ، جا ئەگەر کەسێ خۆی حازر نەبێ

بۆ سوودوەرگرتن لەم بارە بەرزانە ئەوە وەکو کەسێکە ئاو نەخواتەوە لـــە سەرچاوەیەکی خۆشی زەلاڵا •

(قُلْ : إِنَّما يُوحى إِلَيَّ اَنَّما إِلهُكُمْ إِلهٌ واحِدٌ، فَهَلْ اَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ؟) (١٠٩)

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە موشریکانە : کە لە لای خوداوە هیچ شتێ بە وەحی نەهاتوە بۆ لای من ئەوە نەبێ کە خودای ئێوە هەر خودایەکی تاقو تەنیایە • دەی ئایا ئێوە ملکەچ ئەبن بۆ باوەڕکردن بە یەکیەتی خودای تەعالا ؟

(فَإِنْ تَوَلَّوْا ، فَقُلْ : آذَنْتُكُمْ على سَواءٍ ، وإِنْ اَدْرِي اَقَرِيبٌ اَمْ بَعِيدٌ ما تُوعَدونَ) (١١٠)

جا ئەگەر پشتیان لە خودا بەیەکناســـین هەڵکرد پێیان بڵێ : وا من هەمووتانم ئاگادارکردەوە لەسەر خودا بەیەکناسین ئیتر ئێوە خۆتان ئەزانن، وا من باوەڕم وایە خودا حەقتان لێ ئەستێنێ ، ئیتر نازانم ئایا نزیکە ئەوەی بەڵێن دراوە بە ئێوە یا دوورە ، وە ئەو شتە یا بریتیە لــە ســـەرکەوتنی موسوڵمانان بە سەر کافرەکانا ، وە یا بریتیە لەو سزاو تۆڵە کــە خودا بۆ ئەوانی ئەنێرێ •

(إِنَّهُ يَعْلَمُ الجَهْرَ مِنَ القَوْلِ ويَعْلَمُ ما تَكْتُمونَ) (١١١)


بە راستی خودای تەعالا ئاگادارەو ئەزانێ بە هەموو قسەیێ کە ئێوە بە ئاشکرا بیکەن ، وە ئاگای لەوەیشە کە بە پەنامەکی ئەیکەنو ئەیشارنەوە •

(وإنْ أدْري لَعَلَّهُ فِتْنَةٌ لَكُمْ ومَتاعٌ إلى حِينٍ) (١١٢)

وە من نازانم بەڵکو ئەو مۆڵەتدانی ئێوە تا ئێستە بەراورد بێ بۆ ئێوەو رابواردن بێ هەتا کاتێ کە خودا بڕیاری داوە •

(قالَ : رَبِّ احْكُمْ بِالحَقِّ ، ورَبُّنا الرَّحْمانُ الْمُسْتَعانُ على ما تَصِفُونَ) (١١٣)

جا پێغەمەر فەرمووی : خودایە حوکم بکە بە حەق لە بەینی ئێمەو خەڵکی مەکەدا ، وە بە راستی خودای ئێمە میهرەبانەو داوای یارمەتی لێئەکرێ لەسەر ئەو باوەڕانە کە ئێوە هەتانە ، وە هیوامان وایە کە لەسەر زەوقی ئێوە نەبێو کاری وا بکا وەکو خۆی وەعدەی داوە کە حەق سەر بکەوێو دەوام بکا هەتا هەتایە •



سوپاس بۆ خودا لێبوومەوە لە نووسینەوەی تەفسیری سوورەتی ئەنبیا لە رۆژی ٩ی (ذی الحجه)ی ساڵی ١٣٩٨ی کۆچیی رێکەوتی ٨ـ١١ـ٩٧٨ی زایینی لە ژووری دەرسوتنەوەی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا •

سووره‌تی حه‌ج مه‌ده‌نی‌یه ئایه‌ته‌كانی ٥٢و ٥٣و ٥٤ نه‌بێ ، ٧٨ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (نور) هاتووه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يا اَيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ ، إنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيءٌ عَظِيمٌ) (١)

ئه‌ی ئاده‌میزاده‌كان له خودا بترسن‌و خۆتان بپارێزن له‌و شتانه كه نه‌هیان لێكراوه ، وه ئه‌وه‌ی فه‌رمانتان پێدراوه به‌جێیان بێنن ، به‌ڵكو به هۆی ته‌قوای خوداوه خودا بتانپارێزێ له سزای رۆژی قیامه‌ت‌و له په‌رێشانی دڵ‌و له‌و سه‌رگه‌ردانی‌و لاوازی بیرو باوه‌ڕه كه به‌سه‌ر ئینسانا دێ له كاتی بشێوه‌و هێرشی به‌ڵادا به تایبه‌تی به‌ڵای بومه‌له‌رزه‌ی پێش هاتنی قیامه‌ت‌كه به راستی ئه‌و بومه‌له‌رزه‌یه شتێكی زۆر گه‌وره‌یه‌و وه‌زعی هه‌موو زه‌وی ئه‌گۆڕێ •

وه یا بترسن له په‌روه‌ردگاری خۆتان ، ئه‌و په‌روه‌ردگاره كه ئه‌وه‌نده ته‌وانایه بومه‌له‌رزه‌یه‌كی گه‌وره به‌سه‌ر جیهاندا دێنێ به جۆرێك دایك سه‌ری

منداڵی خۆی ناپەرژێو ، عالەم سەرگەردان ئەکا ، جا کە وایە خودا ئەوەندە خاوەنی تەوانا بێ شیاوی ئەوەیە کە هۆشیار لێی بترسێو فەرمانەکانی بەجێ بێنێ •

بزانن ! ئیبنو عەباس فەرموویەتی : ئەم بومەلەرزە بومەلەرزەی هاتنی قیامەتە •

(يَوْمَ تَرَوْنَها تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ ، وتَضَعُ كُلُّ ذاتِ حَمْلٍ حَمْلَها ، وتَرَى النَّاسَ سُكارى ، وما هُمْ بِسُكارى ، ولَكِنَّ عَذابَ اللهِ شَدِيدٌ) (٢)

لەو رۆژەدا کە ئێوە خۆتان یا چینی دواییتان بە دەرەجەیەك یا بە چەن دەرەجەیێ ئەو بومەلەرزە ئەبینن هەموو ژنێکی شیردەر شیرەخۆرەکەی خۆی لەبیرئەچێتەوەو هەموو ژنی سکپڕ لە ترسا بەرئەخەنو ئادەمیزادی ئەو رۆژە بە سەرخۆش ئەبینیو لە واقیعا ئەوان سەرخۆش نین بەڵام سزای سەختو گرانەو ئادەمیزادی گێژو وڕ کردوە •

ئیمامی ئەحمەدو سەعیدی کوڕی مەنصوورو نەسائیو ترمذیو حاکم ریوایەتیان کردوە لە عیمرانی کوڕی حصەینەوە : کاتێ ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە حەزرەت ــ د ــ لەسەفەردا بو لە ناو (بنی مصطلق)دا ، جا فەرمووی بە یارانی : ئەزانن ئەو رۆژە چ رۆژێکە ؟ عەرزیان کرد : خوداو پێغەمەری خودا ئەزانن،ئەویش فەرمووی : ئەوە رۆژێکە خودای تەعالا فەرمووی بە ئادەم : ئەی ئادەم کۆمەڵی ئاگری دۆزەخ بنێرن با بڕۆن بۆ شوێنی خۆیان ، ئەویش عەرزی کرد : نازانم کۆمەڵی ئاگری دۆزەخ کێن ، خودا فەرمووی : لە هەموو هەزار کەسێکدا نۆصەدو نەوەدو نۆ کەسی •

ریوایەت‌کراوە لە ئەبو سەعیدی خدریەوە ــ خ ــ لە حەزرەتەوە ــ د ــ فەرمووی : خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەی ئادەم ! ئەویش ئەڵێ : (لبیك وسعديك والخير في يديك) خودا ئەفەرموێ : قەرەباڵغی موستەحەقی ئاگری دۆزەخ جیابکەرەوە ، ئەویش عەرزی ئەکا : ئەو قەرەباڵغــــە کێن ؟ خودا ئەفەرموێت : لە هەموو هەزار کەسدا نۆصەدو نەوەدو نۆیان • لەو رۆژەدا کە ئینسانی جوان لە ترسا پیر دەبێو ، ژنی سکپڕ سکەکەی ئەخاو ، خەڵك بە سەرخۆشی ئەبینیو لە واقیعا سەرخۆش نین بەڵام سزای خودا سەختە . جا یارانی حەزرەت پرسیاریان لێ‌کرد : ئەو تاقەکەسە کێیە لەناو ئێمــەدا ؟ حەزرەت فەرمووی : موژدەتان بێ لە ئێوە یەکێو لە کافرەکان هەزار کەس •

لە پاشان حەزرەت فەرمووی : بەو کەسە رۆحی من وا لە دەستی ئەودا هیوام وایە کە ئێوە چواریەکی ئەهلی بەهەشت بن ، ئێمــــەیش وتمان : (الله اكبر) جا فەرمووی : هیوام وایە کە سێیەکی ئەهلی بەهەشـــت بن ، ئێمەیش وتمان : (الله أكبر) جا فەرمووی : هیوام وایە کــە ئێوە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن ، ئێمەیش وتمان : (الله اكبر) جا حەزرەت فەرمووی : ئێوە وەکو موویەکی رەش لە پێستی گایەکی سپێدا یا موویە کی سپی لــە پێستی گایەکی رەشدا وان ، ئەم حەدیثە موسلیمو بوخــاری ریوایەتیان کردوە •

لەم ریوایەتەوە وا دەرئەکەوێ ، کە ئەم پیربوونی منداڵو بەرخستنی ژنە لە شێوەی (تەقدیر) ا بێ ؛ چونکی ئەو گوفتوگۆی خودای تەعالایە لەگەڵ ئادەمدا لــە قیامەتدایەو بازێ بە (قطعي نظــر) لــەم ریوایــەتی ئەبوسەعیدە ئەڵێن : ئیبنو عەباس فەرموویەتی : ئەم بومەلەرزەو رووداوە لە دنیادایە لە کاتی رووخاندنی ئەم جیهانەدا •

واتە ئەگەر ئەو کارەساتە لە دنیادا بوایە ژنی منداڵ بەبەر منداڵەکەی لەبیرئەچوو جێی ئەهێشتو ژنی سکپڕ سکەکەی فڕێ ئەدا •

(ومِنَ النَّاسِ مَنْ يُجادِلُ في اللهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ ويَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطانٍ مَرِيدٍ (٣) كُتِبَ عَلَيْهِ : اَنَّهُ مَنْ تَوَلاَّهُ ، فَاَنَّهُ يُضِلُّهُ ويَهْدِيهِ إلى عَذابِ السَّعِيرِ) (٤)

ئەم ئایەتە دەرحەقی نەضری کوڕی حارث هاتەخوارەوە ، ئەم زەلامە ئاژاوەچیو موجادیل بو ئەیوت : مەلائیکە کچی خودانو ، قورئـان ئەسطوورەی پێشینانە ــ پەنا بە خودا • وە لە پاش مردن زیندوبوونەوە نیە، جا خودا ئەفەرموێت : لە کافرە موشریکەکانە کەسێ کە جیدالتان لەگەڵدا ئەکا لە باسی خوداو لە باسی قورئاناو قسەی ناڕەوا ئەکا بە بێ زانستو ئاگاداریو ئەکەوێتە شوێن هەموو شەیتانێکی لەحەق دەرچووی وا کە لە شانیا نووسراوە هەرکەسێ شوێنی بکەوێ گومڕای ئـەکاو ئەیبـا بۆ دۆزەخ •

(يا اَيُّها النَّاسُ اِنْ كُنْتُمْ في رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإنَّا خَلَقْناكُمْ مِنْ تُرابٍ ، ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ، ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ، ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ ، لِنُبَيِّنَ لَكُمْ ، ونُقِرُّ في الاَرْحامِ ما نَشاءُ إلى اَجَلٍ مُسَمّىً ، ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ، ثُمَّ لِتَبْلُغُوا اَشُدَّكُمْ ، ومِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى ، ومِنْكُمْ مَنْ يُرَدُّ إلى اَرْذَلِ العُمُرِ ، لِكَيْلا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئاً ، وتَرى الاَرْضَ هامِدَةً ، فَإذا اَنْزَلْنا عَلَيْها الماءَ اهْتَزَّتْ ورَبَتْ ، واَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ) (٥)

ئەی ئادەمیزاد ئەگەر ئێوە وان لە گومانو دوودڵیدا لە ئیمکانی زیندوکردنەوەی ئێوەدا لە پاش مردنو رزینی لەشتان بێن کەمێ بیر بکەنەوە لە ئەووەڵی دروستکردنی خۆتانا هەتا ئەو گومانەتان نەمێنێ ؛ تەماشا بکەن کە من ئێوەم دروستکردوە لە گڵ بە ئیعتیباری یەکەم باوکتان کە حەزرەتی ئادەمە ــ د ــ یا بە ئیعتیباری ئەصڵی ئاوی (مەنی) چونکە لە خواردەمەنیەوە پەیدا بوەو ئەصڵی ئەو خواردەمەنیانەیش گڵە ، پاش ئەوە ئەصڵەکەتان گڵە ئێوەم لە ئاوی تۆوی نەتەوە کە لە پشتی باوك‌و سنگی دایکدا پەیدا دەبێ دروستکردوە . دوای ئەوە لە پارچە خوێنێ وەکو خوێنی جگەر کە عیبارەتە لەو ئاوی نەتەوە کە لە پاش چل رۆژ ئەبێ بە یەك پارچە خوێن . جا لە پارچەیێ گۆشت ؛ چونکی لە پاش چل رۆژەی خوێنەکەی ئەبێ بە پارچەیێ گۆشت جا بازێکی تەواوو رەسایەو ئەو منداڵە کە لەو دروستئەبێ رەساو بێ عەیبە ؛ وە بازێکی ناتەواوو نارەسایەو منداڵەکەیشی ناتەواوە ، ئەمەیشم لەبەر ئەوە کرد هەتا بەم پلەپلە ئێوە حاڵی بکەین کە ئەم مادەی وجوودی ئینسانە شیاوی هەموو ئاڵو گۆڕێکەو ئەو خودایە ئەتوانێ گڵ بکا بە ئاوو ئاو بکا بە خوێنو خوێن بکا بە گۆشتو لەو گۆشتەرەگو ئێسقانو گۆشتو وردە پارچە دروست بکا .. ئەیشتوانێ مردوو زیندووبکاتەوە . وە پاش ئەوە مادەی لەشی ئینسانمان بەم چەن پلەدا بەرز کردەوە ئەوجار رای‌ئەگرینو ئەیهێڵینەوە لە ناو منداڵدانی ژنا ، ئەو لەشە کە بمانەوێ ببێ ماوەیەکی وەها کە خواستمان لەسەری ببێ هەتا ئەگاتە ئەو وادە دیاری‌کراوە بۆ دەرچوونی بۆ رووناکی جیهان ، ئەنا ئەگەر نەمانەوێ بمێنێ ئەوە زوو لە منداڵدانی دایکی فڕەی‌ئەدەینو زایەی ئەکەین .

جا پاش ئەو ماوەیە لە منداڵدان دەری‌ئەکەین بە شێوەی منداڵ ، جا ئەتانهێڵینەوە بۆ ئەوە بگەن بە رەسایی هێزەکانی خۆتان .

وە لە ئێوەیە کەسانێکیش کـــە لە پێش گەیشتن بەو هێزە گیانی وەرئەگیرێو ئەمرێ ، وە لـــە ئێوەیشـــە کەســـێ کـــە ئەهێلرێتەوەو دوا ئەخرێ هەتا ئەگاتە پەستترینو رەزیلترینی ژیانو تەمەن بۆ ئەوە کە لە پاش ئەوە بە یاسای خۆی گەلێ شتی زانیوە وای لێ بێ هیچ نەزانێ کـــە ئەمـــە پەستترینی حاڵە ٠

وە لە لایەکی تریشەوە زەوی ئەبینی بە مردوویی‌و وشکی ، جا کاتێ ئێمە ئاوی بارانمان داپەڕاند بۆ سەر زەوی‌و تێراوی کرد تەماشـــا ئەکەی ئەجوولێتەوەو بای تێ‌ئەچێ‌و بەرزئەبێتەوەو ئەڕوێنێ لە هـــەموو جۆرە گیایەکی جوانو گوڵی رەنگامە ٠

(ذلِكَ بِـــاَنَّ اللهَ هُوَ الحقّ ، واَنَّـــهُ يُحْيِ المَوْتى ، واَنَّهُ علَى كُلِّ شَـــيْءٍ قَدِير (٦) ، واَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لا رَيْبَ فِيها ، واَنَّ اللهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي القُبورِ) (٧)

ئا ئەم دروستکردنی ئادەمیزادە لە چـــەن دەوری جیاجیاداو بردنی ئینسانی لەدایك‌بو بە چەن پایەیەکدا لە لاوازی‌و بێ‌تینی ، وە بـــە هێزی‌و زانایی‌و نەزانیدا ، وە چاوکەوتن بە زەوی بە وشکی‌و مردوویی لە پاشا بـــە جووڵاوی‌و بەرزەوەبوونو گیاڕواندن ٠٠ هەمووی بە هۆی ئەوەوەیە کـــە خودای تەعالا هەر ئەوە خـــاوەن وجوودی ثابت لە زاتی خۆیا بـــە بێ نیازمەندی بە هیچ مەوجوودێ ، وە هـــەر خودا تەوانایە بەســـەر زیندوکردنەوەی مردووانا ، وە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکداو بـــە راستی رۆژی قیامەت دێت بە بێ گومانو هیچ شوبهە نیە لەمەدا ، وە بـــە

ڕاستی هەرکەس کە لە گۆڕی خۆیایەتی‌و پاش مردنی جێگەیەکی بوە خودا زیندوویان ئەکاتەوە •

بزانن ! لە ئایەتی (یا أیها الناس ان کنتم فی ریب ••) تا کۆتایی ئایەتی دووهەم بە سێ جۆر دەلیلی هێنایەوە لەسەر زیندوبوونەوەی ئادەمیزاد لە پاش مردن :

یەکەم : بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئادەمیزاد لە ئەصلی دروستکردنیا لە گڵەوە بۆ تۆم ، بۆ پارچە خوێن ، بۆ پارچە گۆشت ، وە ماوەی مانەوەی لە منداڵداندا جا دەرکردنی بۆ دنیای ڕۆشن •

دوەم : بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئادەمی‌ی لە بێ‌هێزی‌و ناتەوانیەوە بۆ وەزعی هێزو تەوانایی ، ئەمجار گێڕانەوەی بۆ سەر نارەسایی هێزی زانست‌و شوعووری تا کاتی مردن •

سێهەم : بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئەم زەویـــە واین بەسەریەوە لە وشکی‌و بێ‌ڕەنگیەوە بۆ وەزعی جووڵان‌و شین‌بوونی گوڵ‌و گیا بەسەریەوە . کە دڵ بە تەماشایان شادمان ئەبێ ، واتە ئەم تەرتیبە جوانە لە جیهان لە زەوی‌و ئاسمانا لە خۆیەوە نیەو خاوەن هێزێکی تەواوی ئەوێ‌و ئەمەیش لە تەبیعەت‌و (لا شعور)یەوە نابێ ، کـــە وابێ ئـــەبێ ئاثاری پەروەردگارێ بێ کە تەوانا بێ‌و دارای صیفاتی کەماڵ بێ وەکو زاتی خودای تەعالا . ئەویش خاوەن خواست‌و تەوانایەو هەموو شتێکی پێ ئەکرێ ، چۆن لە نەبوونەوە جیهانی جوانی دروست‌کردوە وەهایش لەوەی لە دنیادا هەیە لەگەڵ نەفسی دنیادا ئەتوانێ هەموو ئاڵ‌و گۆڕێ بکات •

(وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلا هُدىً ، وَلاَ كِتَابٍ مُنِيرٍ (٨) ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللهِ ، لَهُ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ، وَنُذِيقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيقِ (٩) ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ ، وَأَنَّ اللهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِلْعَبِيدِ) (١٠)

له ئادەمیزادە کەسێکی وەها کە موجادەلە ئەکا بۆ دەربڕینی صیفاتی نابار بۆ زاتی خودا وەکو ئیعتیباری نەتەوە بێو ئینکاری نازڵبوونی قورئان ئەکا لە لایەنی خوداوەو بە ئوسطوورەی دائەنێ ، بە بێ زانستێکی فیطری زکماكو بە بێ بوونی بەڵگەیەکی وەها کە لە کەسبەوە وەری گرتبێ وەکو تەماشای ئافاقو ئەوزاع وە بە بێ ئەوە لە لایەنی فریشتەی پیرۆزەوە کیتابی دڵڕووناككەری بۆ هاتبێ بۆ خۆی یا بۆ پێشەواکەی ، وە حاڵی وەهایە کاتێ یەکێ ئامۆژگارییەکی بکا مل بائەدا بە دەمارو فیزەوە ، وە ئەمەیش بۆ مەبەستی پیرۆز ناکا ، بەڵکو هەر بۆ ئەوەیە کە ئادەمیزاد گومڕا بکا لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕەزامەندی خودادا ، جا ئەم جۆرە کەسە لە دنیادا ڕسوایی هەیەو ، لە قیامەتیشدا سزای ئاگری سۆزندەی پێ ئەچێژین، وە لەو کاتی سزادانەدا لە لایەنی فریشتەی سزاوە پێی ئەوترێ : ئەم سزا کە لەسەر تۆ بڕیاردراوە بە هۆی ئەو بیرو باوەڕە نابارەو ئەو کردەوە ناهەموارانەوەیە کە دەستەکانت کردوویانەو پێش خۆت بۆیان ناردووی • واتە پێویست بو هۆی ڕەحمەت پێش بخا بۆ ئەم ڕۆژەی ، کەچی هۆی زەحمەتی بۆ خۆی پێش خست ، وە پێی ئەوترێ : کە بە ڕاستی بزانە خودای تەعالا خاوەن ستەم نیە بەرابەر بە هیچ گیانلەبەرێ بە تایبەتی بەرابەر بە بەندەکانی خۆیو ، هەرگیز نیسبەتی ستەمی لێ نادرێ •

(ومِنَ النّاسِ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ علَى حَرْفٍ ، فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ ، وإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقلَبَ على وَجْهِهِ ، خَسِرَ الدُّنيا والآخِرَةَ ، ذلِكَ هو الخُسْرانُ المُبِينُ) (١١)

وە لە ئادەمیزادە ئینسانێکی وەها کە بەندەیی خودا ئەکا لەسەر یەك بار کە بریتی‌یە لەو بارە سوودی بۆی ببێ ، جا مادام وابو ئەگەر لە ژینی خۆیا خێرو قازانجێکی پێ بگاو ساغو سەلامەتو خاوەن پایەو مایەو ماڵو منداڵی بێ بە ئارەزووی خۆی بن ، ئەوە دڵی بەوانە دائەمەزرێو دەست دێنێ بە سەرو سمێڵی خۆیاو سوپاسی خودا ئەکا وە یا ئەگەر سوپاس نەکا ناسوپاسیش دەرنابڕێ . وە ئەگەر کارەساتی ناباری پێ بگا لەپەورووە ئەکەوێ . واتە وەها تێك‌ئەچێ وەکو یەکێ بە تەختی تەوێڵیدا درابێو درابێ بە زەویدا دەماخی پەرێشان ئەبێو چاوی بەرپێی خۆی نابینێو ، دەست ئەکا بە ناسوپاسی ، وە بە جارێ ، لەبەر بێ باوەڕیو بێ شوعووری وەکو لە دنیادا زیانی کردوە وەها زیانی پاشەڕۆژی دێتە سەرو ماڵ‌کاولی هەردوو لا ئەبێ •

(يَدْعُو مِنْ دونِ اللهِ ما لا يَضُرُّهُ وما لاَ يَنْفَعُهُ ، ذلِكَ هُو الضَّلالُ البَعِيدُ) (١٢)

وە بانگ ئەکاو ئەپاڕێتەوە لە غەیری خودای تەعالا لە کەسێ کە بە هیچ جۆرێ نە ئەتوانێ زیانی لێ‌بداو نە ئەتوانێ سوودی پێ‌بدا . جا ئەمە گومراهییەکی زۆر دوورەو لادانە لە ڕاستەڕێ بۆ شوێنێکی زۆر دوور لە شەقامی عادەتی •

(يَدْعُو لَمَنْ ضَرُّهُ اَقْرَبُ مِنْ نَفْعِهِ ، لَبِئْسَ الْمَوْلى وَلَبِئْسَ العَشِيرُ) (١٣)

ئەم کەسە گومان ئەبا بە کەسێ کە زیانی نزیکترە لە سوودی .. کە بەسوودە بۆیو رزگاری ئەکا لەو زیانە تووشی بوە ، بە راستی زۆر خراپیارمەتیدەرێكو زۆر خراپ یارو یاوەرێکە ئەوەی ئەو گومانیپێ ئەباو بانگی لێ ئەکا وەکو بتەکانی بێ ، یا وەکو ئەحبارە ناهەموارە گومڕاکەرەکانی بێ .

ریوایەتکراوە : ئەم ئایەتانە نازڵبوون لە شانی بازێ عەرەبدا هاتبوون بۆ مەدینەی مونەوەرەو موسوڵمان بووبوون ، جا کاتێ قازانجیان پێبگەیشتایە دڵخۆشو دامەزراو ئەبوون ، وە کاتی وا کە تووشی زیان ئەبوون دەستیان ئەکرد بە قسەی نابارو لەخۆیان ئەبوونەوە ، وە لە واقیعدا ئەمە عامە بۆ هەرکەسێ کە حاڵی وەها بێ .

رەحمەت لەوە فەرمووی :

نە بێدڵ باشە نە پیاوی دوودڵ
ئینسانی یەكدڵ ئەگا بە مەنزڵ
بێدڵ کافرەو ، دوودڵ موشریکە
یەكدڵ ئیمانی ساغە وەکو گوڵ

(إِنَّ اللهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الاَنْهارُ ، إِنَّ اللهَ يَفْعَلُ ما يُرِيدُ) (١٤)

بە راستی خودای تەعالا ئەوانە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردوە ئەیانخاتە ناو چەن بەهەشتێکی وەهاوە کە چەن جۆبار لە ژێریانەوە رەوان ئەبێ ، بە راستی خودای تەعالا خواستی لەسەر هەرچی بێ ئەیکا •

(مَنْ كَانَ يَظُنُّ أَنْ لَنْ يَنْصُرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ، ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنْظُرْ : هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ ؟) (١٥)

هەموو کەسێکی هۆشیار با بزانن کە محەمەد ـ د ـ پێغەمەری خودایەو خودا یارمەتی داوەو ئەیدا لە دنیاو لە قیامەتا ، جا هەرکەسێ لەسەر کەودەنیو نەفامی خۆی وا گومان ئەبا کە خودای تەعالا یارمەتی محەمەد نادا لە دنیاو لە قیامەتا با خۆی هەڵاوەسێ بە گورێسێ بە بنمیچی خانوەکەیا، لە پاشا خۆی سووڕدا هەتا ئەخنکێ ، جا با هەر لە ئێستەوە لە پێش ئەو واقیعەدا بڕوانێ : ئایا ئەم کارە فڕو فێڵوێنەیە قاری دڵی ئەو چار ئەکا ؟ حاشا !

بەم تەفسیرەی سەرەوە (يقطع)بە مانا خۆخنکاندنەو بە مەعنایێ تر ئەڵێ : با خۆی بە بنمیچی خانوەکەیدا هەڵواسێو ماوەیێ خۆی بتاسێنێ ئەم جار گوریسەکە ببڕێو خۆی بخاتە خوارەوە ، جا دوای ئەوە کە هۆشی هاتەوە بەخۆیا بڕوانێ بزانێ ئەم کارە نابارە کە وەکو فێڵکردنە لە خۆی هیچ قاری دڵی لائەبا ؟ حاشا !

هەزار جار کابرا خۆی بتاسێنێ
خۆی لەو مەینەتە ناخەڵەسێنێ

(وكَذلِكَ اَنْزَلْناهُ آيَاتٍ بَيِّناتٍ ، واَنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يُرِيدُ) (١٦)

هەر وەكو ئەم ئایەتە جوانانەمان نارد بۆ تۆ بۆ ترساندنی ئادەمیزاد لە سزای قیامەتو بۆ بەشکردنیان بەو بەشانەو بۆ ئەوە کەس سەرناکەوێ خاوەن ئیمانی ساغی یەکدڵ نەبێ •• بەو جۆرەیش لەمەوبەر ئایەتمان ناردوەتەخوارەوەو هەروەهایش ئەینێرینە خوارەوە کە ببێ بە شایەت لەسەر ئەوە کە لە لایەنی خوداوە هاتوون ، وە ئەو کەسەیش کە هاتوون بۆ لای پێغەمەری خودایە ، وە بۆ ئەوەیش بزانن خواستی لەسەر هیدایەتدانی هەرکەسێ ببێ هیدایەتی ئەدا •

دیـن حەقیقەتـەو حەقایق ئەعیـان
ئـەعیـان ثابیتن بێ باسو بـەیـان
ئەوەی بەرابـەر بـە حـەق ناڕاسـە
سـینەی هێلانەی گەرای وەسواسە
جـا پـەنـا بگرە بـە تەواناى راس
لە شەڕو مەکرو فیتنەی ئەلخەنناس

(إنَّ الَّذِينَ آمَنُوا والَّذِينَ هادُوا ، والصَّابِئِينَ والنَّصارى والمَجُوسَ والَّذِينَ اَشْرَكُوا ، إنَّ اللهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ، إنَّ اللهَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (١٧)

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو بە پێغەمەری خوداو بەو قورئانە کە هاتوە بۆ لای تۆ ، وە ئەو کەسانەیش کە مەیلیان کردوە بۆ

لای دینی یەهوودیو ، ئەوانەیش دەرچوون لە بەندەیی خودا بۆ بەندەیی ئەستێرەکان ، وە ئەو کەسانە خۆیان بە ئەنصاری عیسا ئەزانن ، وە ئەو کەسانە کە بە ناوی دینەوە پێیان ئەڵێن مەجووس ، وە ئەوانەیش کە ئیمرۆ پێیان ئەڵێن (مشرکین)و لەگەڵ خودادا بت‌ئەپەرستن •• بە راستی خودای تەعالا حوکم ئەدا لە ناویانا لە رۆژی قیامەتاو تێیان‌ئەگەیەنێ کێ لەسەر حەقەو کێ لەسەر بەتاڵەو ، هەرکەس ئەگەیەنێ بە جێگەو شوێنی خۆی ؛ چونکی بە راستی خودا ئاگای لە هەموو شتێك هەیە •

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ يَسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّماواتِ وَمَنْ فِي الاَرْضِ والشَّمْسُ . والقَمَرُ ، والنُّجُومُ ، والجِبالُ ، والشَّجَرُ . والدَّوَابُّ ، وكَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ ، وكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ العَذَابُ ؟ ومَنْ يُهِنِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ،إنَّ اللهَ يَفْعَلُ مايَشاءُ) (١٨)

ئایا نابینی بە چاو ، وە یا نازانی بە دڵ کە بە راستی سوجدە ئەبا بۆ خودای تەعالا ئەوانە کە هان لە ئاسمانەکاناو ئەوانە کە وان لە زەویداو رۆژو مانگ‌و باقی ئەستێرەکان‌و کێوەکان‌و دارو ئەو گیانلەبەرانە کە ئەڕۆن بە زەویداو گەلێ ئادەمیزاد ؟ بەڵێ گەلێ لە ئادەمیزادیش سزای خودایان لەسەر بڕیار دراوەو سوجدە نابەن ، بێگومان ئەم ئینسانە نافەرمانانە خودا سووکی کردوون ، وە هەرکەسیش خودا سووکی بکا ئیتر کەسێ نیە رێزی بگرێ‌و سەری بەرز بکاتەوە ، بە راستی خودا خواستی لەهەرچی بێ ئەیکا •

(هذانِ خَصْمانِ اخْتَصَموا في رَبِّهِمْ ؛ فالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيابٌ مِنْ نارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُؤُسِهِمُ

الحَمِيمُ (١٩) يُصْهَرُ بِــهِ ما فِي بُطونِهِمْ والجلُودُ (٢٠) ولَهُمْ مَقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ (٢١) كُلَّمَا اَرادُوا اَنْ يَخْرجُوا مِنْها مِنْ غَمٍّ اُعِيدُوا فِيها ، وذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ) (٢٢)

موسوڵمانانو کافران دوو دوژمنی یەکترن کـــەوتوونەتە نیزاعو ناڕێکییەوە لە دینی خوداداو لە زاتو صیفاتیا ؛ موســوڵمانەکان ئەڵێن : زاتەکەی هەیەو دارای صیفاتی کەماڵەو (واجب الوجود)ەو قەدیمو باقیو تەنیاو بێوێنەو بێ نیازەو ، دینی هەیەو دینەکە بریتییە لەو بیرو باوەڕە باشەو لەو عیباداتو یاسایە کە بە هۆی فریشتەی هێمنەوە کە جوبرەئیلە ناردوویەتی بۆ پێغەمەرەکەیو ئەویش گەیاندوویە بە گیانلەبەرانی هۆشیار •

وە کافرەکان موخالیفی ئەم بیرو باوەڕەن ، جا ئەگەر هەر باوەڕیان بە وجوودی خودا نەبو ئەوە پێیان ئەڵێن (معطله) واتە وا ئەزانن جیهان خاڵیو بەتاڵە لە صانیعو پەروەردگار ، وە ئەگەر وتیان صانیع هەیەو صانیـــع هێزی تەبیعەتی بێشوعووری نەزانو بێئیرادەو خواستە ئەوە پێیان ئەڵێن (طبیعیه)و (دهریه) •

وە ئەگەر باوەڕیان بە وجوودی پەروەردگاری کامڵ بو بەڵام باوەڕیان وابو پێویستە هاوڕێو شەریکی هەبێ ئەوە پێیان ئەڵێن (مشرك) وەکو ئەوانە کە بتپەرستن ، یا ڕۆژپەرستن ، یا گاپەرستن ، یا ئاگرپەرستن •• تاد وە لە ناو ئەم موشریکانەدا کۆمەڵێ هەیە کە باوەڕیان وایە صانیع دوانە : پەروەردگاری خێر کە ناوی (یەزدان)ەو ناویشی ئەبەن بە خالیقی نوور ، وە پەروەردگاری شەڕ کە ناوی (ئەهریمەن) ەو ناویشی ئەبەن بە تاریکی ، وە بۆ جیلوەی نوور ئاگریان داناوە ئەمانە ناویان (مجوس)ە دەورێکی

گەورەیانبوە لە گومڕاکردنی ئادەمیزادا ، بۆیە خودا لەم ئایەتەدا جیـــای کردوونەتەوە لە (مشركين) ئەگەرنا لە راستیدا ئەمانە بە موشریك ئەناسرێنو لە کۆمەڵەی موشریکانن •

وە ئەگەر باوەڕیان بە خودا بوو باوەڕیان بە دینو ئایینی ئاسمانی بو ئەوە ئەوانە بە ئەهلی میللەتو دین ئەناسرێن ، ئەمانە لە پاش حەزرەتی نوح کۆمەڵەی پەیڕەوانی صوحوفی ئیبراهیم بوون ، وە لە پاش ئەوان پەیڕەوی تەوراتی موسا بوون کە ناو ئەبرێن بە (یەهوود) • یا بە مولاحەزەی ئـــەو کوڕی حەزرەتی یەعقوبە کە ناوی (یەهودا) بوە •

وە لە پاش ئەوان پەیڕەوی عیسای کوڕی مەریەم بوون کە پەیڕەوی (ئینجیل) بوون ، ئەمانە پێیان ئەوترێ (نصاری)و (نەصرانی) لەبەر ئەوە کە یارمەتی عیسایان داوە •

وە کۆمەڵێ ئادەمیزادیش بوون لە دێرزەمانەوە ، واتە پاش عەهدی نوحو ئیبراهیم ، ئەمانە ئەستێرەپەرست بوونو پێیان ئەڵێن (صـابیئە)و (صوببی) لە دوایدا داوای پەیڕەوی عیسای مەسیح ئەکەن ، ئەگـــەر گاورەکان ئیعتیرافیان پێ بکەن ئەمانەیش حوکمی نەصارایان هەیە •

وە ئەوانەیش کە پەیڕەوی حەزرەتی محەمەدیان کردوەو ئیمانیان بـــە قورئان هەیە کە نازڵ بوەتە سەر حەزرەتی محەمەد ئەوە پێیـــان ئەڵێن : موسوڵمانو بە خاوەنی دینی ئیسلام ئەناسرێن •

وە لە عورفی ئیسلاما ئەو کەسانە کە حەیرانو بێعەلاقەنو پەیوەندییان بە هیچ عەقیدەیەکەوە نیە پێیان ئەڵێن (زنديق) •

وە ئەوانە کە بە زمان ئیعتیراف بە ئیسلام ئەکەنو لە دڵدا بێباوەڕن پێیان ئەڵێن (منافق) وە ئەوانە کە لە پاش ئیسلامییەت لە دین وەرئەگەڕێنەوە پێیان ئەڵێن (مرتد) •

وە لە پاش دامەزرانی دینی حەزرەتی محەمەد ـ د ـ هەرکەسێ باوەڕی بە دینی ئەو نەبێو پەیڕەوی قورئان نەکا ، خوا ئەو کەسە نەصرانی بێ ، یا یەهوودی بێ ، یا صوببی بێ ، وە یا غەیری ئەمانە ، ئەوە بە کافر ئەناسرێو لە رۆژی قیامەتدا سزا ئەدرێ هەتا هەتایە بە گوێرەی ئایاتی قورئانی پیرۆزو بە فەرموودەی حەزرەت ـ د ـ وە بە ئیجماعی ئیمامانی موجتەهیدینی دینی ئیسلام •

بە هەر حاڵ کەلیمەی (کافر) دەست ئەدا بۆ ئەو هەموو بەشە لە کافران • بەم گوێرە ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی دوو بەشە ؛ کافر ، موسوڵمان • جا خودا ئەفەرموێت : ئەوانەی کە کافرن بە خوداو پێغەمەر بەرگو پۆشاکیان بۆ ئەبڕێ لە ئاگری دۆزەخ ، وە ئاوی کوڵاو لە دۆزەخدا ئەرژێنرێ بەسەریاناو بەو ئاوە گەرمە ئەوەی وا لە ناو سکیاناو پێستی لەشیشیان ئەتوێتەوە ، وە بۆ ئەوانە هەیە چەن چەکوشێ لە ئاسنو بە درێژی کات هەر وەختێ بیانەوێ لە ئاگری دۆزەخ دەرچن لەبەر خەمو پەرێشانی خۆیان •• ئەبرێنەوە بۆ ناویو لە لایەنی فریشتەی مەئموورەوە پێیان ئەوترێ : بچێژن سزای سووتان بە ئاگر •

(إنَّ اللهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ ، يُحَلَّوْنَ فِيها مِنْ أَساوِرَ مِنْ ذَهَبٍ ولُؤْلُؤاً ، ولِباسُهُمْ فِيها حَرِيرٌ (٢٣) وهُدُوا إلى الطَّيِّبِ مِنَ القَوْلِ وهُدُوا إلى صِراطِ الحَمِيدِ) (٢٤)

بە راستی خودای تەعالا ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باش ئەکەن ئەیانخاتە ناو چەن بەهەشتێکی واوە کە جۆبار لە ژێریانەوە

رەوان ئەبێ . وە زێوەردار ئەکرێن لەو بەهەشتانەدا بە چەن دەسبەندێ لە تەلاو دوڕی مەشهوور بە (لوئلوء) وە پۆشاکیان لە بەهەشتا حەریرە ، وە شارەزاکراون لە لایەنی خوداوە بۆ قسەی خۆش و شارەزاکراون بۆ رێگەی تاریف کراو قسە باشەکەیان ئەمەیە ئەڵێن : (الحمد لله الذی صدقنا وعده واورثنا الارض نتبوأ من الجنة حیث نشاء)•وە رێگەکەیان رێگەی هاتوچۆی بەهەشتەکانە • یاخود مەبەس ئەو رێگەی ئیسلامیەتەیە کە لە دنیادا لەسەری بوون •

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ الَّذِي جَعَلْنَاهُ لِلنَّاسِ سَوَاءً الْعَاكِفُ فِيهِ وَالْبَادِ ، وَمَنْ يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ) (٢٥)

بە راستی ئەو کەسانە کە کافرن بە خودای تەنیاو بە پێغەمەری خوداو مەنعی خەڵك ئەکەن لە ئیسانهێنان کە رێگایەکــە خودا کردوویەتیەوە بۆ رزگاری لە هەردوو دنیاداو مەنعی موسوڵمانان ئەکەن لە زیارەتی (مسجد الحرام)کە کەعبەی پیرۆزە کە حاڵی وەهایە بۆ دانیشتوو سەفەریی یەکسانەو موڵکی کەس نیە •• ئەوانە سزا ئەدرێن لە قیامەتا ، وە هەرکەسێ خواستی لەسەر شتێکی نارەوا بێ لەو مزگەوتەدا بە ستەم و بە لادان لە رێگەی حەق ئەوە پێی ئەچێژین بازێ سزای ئێش و ئازار گەیێن •

ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە شانی کافرانی مەکەدا لەو ساڵەدا کە حەزرەتــدــ هات لە مەدینەوە بۆ مەکە بۆ بەجێهێنانی (عومرە)و ئەوانیش مەنعیـــــان کردن و بڕیاریان دا لە ساڵی دواییدا بێنەوە بۆی زیـــارەتی (بیت الله)و عومرەکە بکەن •

(وإذْ بَوَّأْنا لِإبْراهِيمَ مَكانَ البَيْتِ : اَنْ لا تُشْرِكْ بِي شَيْئاً ، وطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ والقائِمِينَ والرُّكَّعِ السُّجودِ) (٢٦)

باسی ئەوە بکە بۆ ئەو کافرانە کە مەنعی تۆو رەفیقەکانت ئەکەن لە زیارەتی (بیت الله) کە هاتین جێگەی (بیت الله)مان کرد بە ماواو مەرجیع بۆ ئیبراهیمو خەبەرمان پێداو وتمان : کەس مەکە بە شەریك بۆ من لە عیبادەتاو ماڵی منو خانووی من کە کەعبەیە پاکی بکەرەوە لە هەموو پیسییەکی مادیو مەعنەوی ، وە ماوەی ئەوە مەدە بە شتی چەپەڵ پیس بێو ئینسانی پیسو ناپاکی تیابمێنێتەوە ، وە بە هەموو جۆرێ پاکی رابگرە بۆ ئەوانە کە لە دەرەوە دێن طەوافی ئەکەنو بەدەوریا ئەسوورێنەوە ، وە بۆ ئەو موسوڵمانانە کە هەر نیشتەجێن لە شوێنەکەدا وە بۆ ئەو کەسانە کە نوێژ ئەکەنو روکووعو سوجوود ئەبەن بۆ من • جا مادام من لە وەختی خۆیا باپیرە گەورەی ئێوەم مەئموور کرد لەسەر دانیشتن لە حەرەمی مەکەداو پاش دروستکردنی کەعبە ئەم دەستوورانەم پێدا بۆ ئەوە کە ئەو شوێنە ئاوەدان بێ بە زیکرو عیبادەت بۆ خودا،ئیستە ئێوە بۆچی مەنعی موسوڵمانان ئەکەن لە بەندەیی‌کردن بۆ خودا لەو شوێنە پیرۆزەدا ؟

(وأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالحَجِّ يَأْتوكَ رِجالاً ، وعَلى كُلِّ ضامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ) (٢٧)

وە ئیخباری ئیبراهیممان کرد پێمان وت : بانگ بدە لە ناو ئادەمیزادا بۆ حەج ، ئەگەر وا بکەی دێن بۆ لای تۆ بۆ زیارەتی بەیتی من بە پیادەییو

بە سواری لەسەر هەموو وشترێ کە لەڕو لاواز بوە لەبەر دووری ڕێگاکەی کە دێن لە هەموو ڕێگایەکی دوورەوە بە چواردەورتا وە لە هەموو ڕێگایەکی وەهاوە کە قووڵ بوون بە بۆنەی هاتوچۆی زۆرەوە پیایانا •

(لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ ، وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُوماتٍ على مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الأَنعامِ ؛ فَكُلُوا مِنْهَا وأَطْعِمُوا البَائِسَ الفَقِيرَ) (٢٨)

با ئەو موسوڵمانانە بێن بۆ لای تۆو بۆ زیارەتی خانووی عیبادەتخانەی عالەمی من بۆ ئەوە کە حازر بن بۆ سەر گەلێ سوودی دنیایی‌و دینی ؛ بۆ خۆیان سوودی دینی عیبارەتە لە ئەدای ئادابی حــــەج لە ئیحرام‌بەستن‌و راوەستانی زەوی عەرەفات‌و ، داپەڕین بۆ موزدەلیفەو ، (مشعر الحرام)و ، سەرتاشین‌و ، تەوافی ماڵی خواو ، سەعی لە بەینی صەفاو مەروەدا حەوت‌جار حەوت‌جار لەسەر ئەو ئادابە کە بەیان کراوە • وە سوودی دنیایی عیبارەتە لە تیجارەتکردن‌و چاوکەوتن بە شوێنی تەئریخی لە وڵاتاو ، چاوکەوتن بە پیاوی زاناو تەوانا لە دیناو سوودلێ‌وەرگرتنیان •

وە با ناوی خودا ببەن لە چەن ڕۆژێکی دیــاری‌کراوا وەکو ڕۆژی جەژنی قوربان‌و ، سێ ڕۆژی پاش جەژن لەسەر سەربڕینی ئەو حەیوانەی کە خودا پێیداون لە گیانلەبەری چوارپێ ؛ لە بزن‌و مەڕو گاو وشتر ، جا کاتێ سەرتان‌بڕین بە شێوەی قوربانی ، وە یا بە ئیحسان وەکو حەیوانی (هدی) دیاری،ئەوە خۆیشتان لێی بخۆن‌و دەرخواردی ئینسانی گیرۆدەی نارەحەتی‌و گەداییشی بدەن ، بەڵام ئەوەی لە واجبات بێ ، وەکو فیدیــە ، نابێ لێی بخۆن •

(ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ ، وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ ، وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) (٢٩)

جا پاش سەربڕینی ئەو حەیوانانە با هەرچی چڵك‌و پیسی هەیە پێیانەوە لای ببەن ، نینۆك بكەن‌و ، بەرسمێڵ لابەن‌و ، بن‌باڵ‌و مووی سوننەت لەخۆیان بكەنەوەو ، تێغ بەكاربێنن بۆ تاشینی هەر موویێ پێویستی بێ بە تێغ ، وە هەر نەزرێ كردوویانە بۆ فەقیرو هەژاری مەكە پێیان‌بدەن وە طەواف بكەن حەوت جار بە دەوری ئەو خانوەدا كە دەمێ زەمانە دروستكراوە بۆ ئەوە ببێ بە (مطـاف)و بۆ بەجێهێنانی بەندەیی خودا ، وەكو خودا فەرموویەتی ، ئەوەڵ هۆدەیێ دروستكرابێ بۆ بەندەیی ئادەمیزاد بۆ خودا ئەو هۆدەیە وا لە مەكەدا •

(ذٰلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ عِنْدَ رَبِّهِ ، وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الأَنْعَامُ ـ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ ـ فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ) (٣٠)

واتە : فەرمانی ئێمە ئەوە بو كە بیستتان ، وە هەركەسێ رێز لە فەرمانەكانی خودا بگرێ‌و لە حەرەمی مەكەدا بە ئەدەب بمێنێتەوەو دەست نەبا بۆ گیاندارو گیاو داری ئەوە ئەو ئەدەبە بۆ ئەو كەسە گەلێ قازانجی هەیەو هۆی پایەیە بۆی بە لای خوداوە • وە وا مەزانن هەموو شتێ‌و هەموو گیانلەبەرێ حەرامە لەسەر ئێوە سەری ببڕن ! نە ، نە ، بەڵكو بۆتـان حەڵاڵ‌كراوە چوارپێ لە بزن‌و مەڕو وشترو گا ئەوانە نەبێ كە بەسەرتانا ئەخوێنرێنەوە كە بریتییە لە مردارەوە بوو لەوانە كە بە ناوبردنی بتەكانەوە

سەرئەبڕڕین ، دەی خۆتان بپارێزن لە بەندەیی بۆ ئەو شــتە پیسانە وەکو بتەکان بێ ، وە خۆتان بپارێزن لە واتەی درۆ وەکو ناوبردنی ئەو بتانە بێ بە ناوی حورمەت لە کاتی ســەربڕینی حەیواناتا ، وە یا لە وەختی تـرا ، هەروا خۆتان بپارێزن لە هەموو قسەیەکی درۆ ، خوا لە خەبەردانا ، یا لــە شایەتیدانا ، یا لە سوێندخواردنا ، یا لە پەیمانا ، وە ناشیرینی تۆ لە واتەی درۆدا شەریك بڕیاردانە بۆ خودا کە یەکێ بڵێت : فلانە شت شەریکی خودایە وە شایەتی درۆ کە حەرامێ حەلاڵ بکا پێی وە بوختانکردن بۆ یەکێ کــە دوور بێ لە تاوان •

(حُنَفَاءَ لِلّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ ، وَمَن يُشْرِكْ بِاللهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ اَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ) (٣١)

ئەی ئادەمیزاد حاڵتان وەهابێ کە دڵسۆزو خاوێن بن لە دینی پاکی ئیسلاماو لابدەن لە هەموو ناباریو ناهەموارییەك لەبەر خودا وە شەریکی بۆ بڕیار مەدەن ، وە هەرکەسێ شەریك بۆ خودا قەرار بدا ئەوە وەك ئەوە وایە کە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە پارچە پارچە بووبێو پــەلەوەر وەکو داڵو سیسارك پارچەکانی ئەفرێنێ بۆ خۆی ، یاخود وەکو کەسێ وایە کە بای توندی بێئامان بیبا لە شوێنێکی بەرزەوە فڕەیدابێ بۆ زەوییەکی دووری وێرانەی وا کە کەس بە لاشەکەی نەزانێ هەتا گورگو درنــــدە ئەیخۆن •

(ذٰلِكَ ، وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ) (٣٢)

فەرمانو بەیان ئەوە بو کرا ، وە هەرکەس ڕێزی دینی خودا بگرێ چ ئەصڵو چ فەرع ، وە یا هەرکەس ڕێز لە حەج بگرێ ، وە یا هەرکەس ئـەو حەیوانانی (هەدیە) کە بە دیاری ئەیانبا بۆ مەکە هەڵیانبژێرێو گەورەو گۆشت ناسكو قەڵەو لە حەرەمدا سەربڕێ .. ئەوە بزانێ کە ئەو ڕێزەی لە صیفەتی تەقواو پارێزگاری نەفسو دڵو ڕۆحی ئەو کەسەوەیە .

(لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمّىً ، ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ) (٣٣)

هەیە بۆ ئێوە لەو حەیوانانەدا کە ئەیانبەن بۆ حەرەمی مەکە چـەن قازانجێ : لە شیریاناو ، لە ڕۆنیاناو لە سـواربوونیاناو .. جـا پاش کاتی کەڵكلێوەرگرتنیان هاتنی وادەی سەربڕینیانە کە کاتی گەیشتنتانە بەماڵی خودا کە ماڵێکی کۆنەی چەن هـەزار ساڵەیە ، یـا بەیتێ کە پارێزراوەو ئازادکراوە لە دەستەڵاتی ستەمگاران ، وە هەرکەسێ دەستی بۆ ببا دەستی کورت ئەکرێتەوە .

(وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنْسَكاً لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللهِ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الأَنْعَامِ . فَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ ، فَلَهُ أَسْلِمُوا وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ (٣٤) الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ، وَالصَّابِرِينَ عَلَى مَا أَصَابَهُمْ ، وَالْمُقِيمِي الصَّلاةِ ، وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ) (٣٥)

بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتە خاوەن دینو ئایینەکان عیبادەتخانەیەکم بڕیار داوە یا جۆرە عیبادەتێكو قوربانییەکم دامەزراندوە بۆ ئەوە کە ناوی

خودا بیەن لەسەر سەربڕینی ئەوەی کردوومە بە رزقیان لە چوارپێی بـزنو مەڕو وشترو گا ؛ دەی بزانن خودای ئێوە ، چ ئوممەتە پێشوەکاتانو چ ئوممەتی تازەتان ، هەر خودایەکی تاقو تەنیایە ، دەی هەر بۆ ئەو ملکەچ بکەنو هەر بۆ ئەو بەندەیی بکەن • وە موژدە بدە بەوانە کـە خـاوەن تەواضوعو بە ئەدەبن بۆ خودای خۆیان ، ئەوانە کێن ؟ کەسانێکن کاتێ کە ناوی خودا برا دڵیان ئەترسێتو خۆئەگرن لەبەر هەر ناباریبەکدا کە تووشیان ئەبێ لە رێگەی دینا یا لە ماوەی ژینا ، وە ئەوانە کە بە دەوام نوێژەکانیـان بەجێ دێننو لەو ماڵەیش من کردوومە بە رۆزییان بەشی داماوان ئەدەنو ماڵیان بۆ خەرج ئەکەن •

(والبُدْنَ جَعَلْناها لَكُمْ مِنْ شَعائِرِ اللهِ لَكُمْ فِيها خَيْرٌ ، فاذْكُروا اسْمَ اللهِ عَلَيْها صَوافَّ ، فَإِذا وَجَبَتْ جُنُوبُها فَكُلُوا مِنْها ، وأَطْعِمُوا القانِعَ والمُعْتَرَّ ، كذلِكَ سَخَّرْناها لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (٣٦)

ئێمە سەربڕینی وشتری پێنج ساڵ تەواوکردووی پێ لە شەش سـاڵ ناومان گێڕاوە بە شیعارو نیشانەی ئیسلامیەتی ئێوەو کردوومـانە بەو عیبادەتانە کە خودای تەعالا دایمەزراندوونو کردوونی بە ئادابی حەج ، وە هەیە بۆ ئێوە لە وشترانا خێرو قازانجی دنیایی وەکو ئەوانە وتمانو قازانجی دینی لەسەر ئیعتیباری پاداشەکەیان بۆ ئینسان لە قیامەتا ؛ دەی کاتێ ویستتان سەریان ببڕن لە حەرەمی مەکەدا دەستو پێیان ببەستنو ناوی خودایان لەسەر بیەن لە کاتێکدا راوەستاون بە پێوەو بڵێن (الله اکبر لا اله الا الله والله اکبر • اللهم منك والیك) جا کاتێ کە تەنیشتیان کەوتە سـەر زەوی ، یانی پاش

ساردەوە بوون کەوتن‌و گۆشتەکەیتان لە پێست دەرکردو پارچە پارچەتان کرد خۆتان لێی بخۆن ، مادام قوربانی بن یا دیاری بن ، نەك فیدیە بن ، وە بەشی ئەو فەقیرانەی لێ بدەن کە رازین بەوەی پێیان ئەدرێ ، وە ئەوانەیش کە خۆیان دێن داوا ئەکەن‌و ڕێکە ئەکەن لەسەر کەمی بەشەکەیان . ئێمە بەو جۆرە کە بە پێوە سەریان‌ئەبڕن ئەو وشترانەمان بۆ رام‌کردوون بەڵکو ئێوە بیرێ بکەنەوە لە نیعمەتەکانی خوداداو سوپاسی نیعمەتی بکەن •

(لَنْ يَنَالَ اللهَ لُحومُها ولا دِماؤُها ولكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوى مِنْكُمْ ، كذلِكَ سَخَّرها لَكُمْ لِتُكَبِّروا اللهَ على مَا هَداكُمْ وبَشِّرِ المُحْسنِينَ) (٣٧)

بە راستی گۆشتی ئەو وشترانەو خوێنی ئەو وشترانە ناگات بە خودا هەتا ئێوەیش وەکو عەرەبەکانی زەمانی جاهیلییەت بەو خوێنە کەعبە رەنگ بکەن • بەڵکو تەقواکەی ئێوەو پارێزتان لە نافەرمانی‌و ئیخلاصی ئێوە ئەگات بە خودا ؛ دەی تێکۆشن بۆ ئیخلاص‌و ئەو حەیوانانە لەبەر رەزای خودا سەربڕن‌و بە خوێنەکەیان کەعبە پیس مەکەن • خودا ئاوا ئەو وشترانەی بۆ ئێوە رام‌کردوە لەگەڵ گەورەیی قەوارەیاندا ئێوە ئەیانگرن‌و سەریان ئەبڕن بۆ ئەوە کە ئێوە خودای خۆتان بە گەورە بگرن‌و (الله اکبر) بکەن لە کاتی سەربڕینیاندا ، وە موژدە بدە بە خاوەن چاکەکان‌و بەوانە کە خاوەن ئیخلاصن بۆ خودا لە کردنی هەر شتێکدا کە ئەیکەن‌و لە تەرکی هەر شتێکدا کە تەرکی ئەکەن ، واتە هەر موسوڵمانێ قوربانی بکا یا حەیوان بیا بە دیاری بۆ حەرەمی مەکەو لەوێ سەری ببڕێ قازانجەکەی وا لە ئیخلاصەکەیا بەس •

(إِنَّ اللَّهَ يُدافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا ، إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ) (٣٨)

ریوایەتکراوە : ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کاتێ کە موسوڵمان لە مەکەدا زۆر بوونو کافرەکان زۆر ئازاریان ئەدانو گەلێکیان کۆچیان کرد بۆ وڵاتی حەبەشو بازێ لە موسوڵمانەکانی مەکە ویستیان بە دزیەوە دەس ببەن بۆ کوشتنی ئەهلی مەکە . وە لەو کاتەیشدا پەیمان هەبو لە بەینی ئەهلی مەکەو پێغەمەردا ــ د ــو کوشتن بە دزیەوە رەوا نەبو ، جا خودای تەعالا ئــەم ئایەتەی نارد •

واتە : خودای تەعالا موسوڵمانەکان ئەپارێزێو دەستدرێژی کافرەکانو زیاندانی ئەوانیان لێ لا ئەبا ، بەڵام خودا رازی نیە بەوە کە موسوڵمانەکان لەم وەختی پەیمانەدا لە کافرەکان بکوژن ؛ چونکە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە خەیانەت لە پەیمان ئەکەن ، هەروەها ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە کوفری خودا ئەکەن • واتە بێ ئیمانو بێ پەیمان لای خودا ســووکو بێ نرخن •

(أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا . وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَنْ يَقُولُوا رَبُّنا اللَّهُ ، وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَواتٌ وَمَساجِدُ يُذْكَرُ فِيها اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً، وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) (٤٠)

ئیبن‌وعەباس ــ خ ــ فەرموویەتی : کاتێ حەزرەت ــ د ــ لە شاری مەکە دەرچو ، ئەبوبەکر فەرمووی : ئەم کافرانە پێغەمەرەکەی خۆیانیان دەرکرد ، بە راستی ئەمانە ئەفەوتێن • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

واتە : ئیجازە درا بەو موسوڵمانانە کە بە ناحەق‌و نارەوا شەڕیان لەگەڵدا دەکرێ •• کە جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانا ؛ چونکە ستەمیان لێ‌کراوەو بە راستی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر یارمەتیدانی ئەوانا ، ئەوانە کەسانێکن کە دەرکراون لە خانووبەرەی خۆیان بە ناحەق مەگەر هەر ئەوەیان وتوە کە پەروەردگاری ئێمە زاتی خودایە ، وە خودای تەعالا رەوا نابینێ کە ئەو ستەمکارانە دەوام بکەن‌و پێویستە بیان‌فەوتێنێ ؛ چونکی ئەگەر ئەوە نەبێ کە خودا بازێ کەس چار بکاو لەناویان بەرێ بە بازە کەسێکی تر ئەوە گەلێ عیبادەتخانەی راهیبان‌و گەلێ کەنیسەی گاوران‌و گەلێ کەنیسەی جوولەکەکان‌و گەلێ لە مزگەوتەکانی موسوڵمانان کە گەلێ زیکری خودایان تێدا ئەکرێ •• بە دەستی ستەمکاران ئەڕووخێنرێن • خودا یارمەتی ئەوانە ئەدا کە یارمەتی دینی خودا ئەدەن ، بە راستی خودا تەواناو بە عیزەتە •

وە لە تەفسیری قورطوبیدا ئەڵێ : (ضحاك) وتوویە یارانی پێغەمەر ــ د ــ لە مەکەی موکەڕەمەدا ئیزنیان خواست لە پێغەمەر ــ د ــ بۆ شەڕکردنیان لەگەڵ کافرانا ؛ چونکە لە شاری مەکەدا گەلێ ئازاریان دابوون ، جا ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە • (ان الله لا يحب كل خوان كفور) کاتێ کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (اذن للذين يقاتلون بانهم ظلموا) •

وە ئەم ئایەتە ناسیخە بۆ هەموو ئەو ئایەتانە لە قورئانا کە داوای چاوپۆشی‌و ئارامی ئەکەن ، وە ئەمە یەکەم ئایەتە نازڵ بوە بۆ جەنگ لەگەڵ کافرانا •

(الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وآتَوُا الزَّكَاةَ وأَمَرُوا بِالمَعْرُوفِ ونَهَوْا عَنِ المُنْكَرِ ، وللهِ عاقِبَةُ الأُمورِ) (٤١)

وە ئەو کەسانە کە یارمەتی دینی ئیسلام ئەدەن ئەو کەسانەن ئەگەر ئێمە لە زەویدا نیشتەجێیان بکەینو دەستەلاتیان پێ بدەین نوێژ بەجێ دێننو رەواجی پێ ئەدەنو زەکاتی ماڵیان ئەدەن بە موستەحەقانو ، ئەمر ئەکەن بە هەر وتارو کردەوەیێ کە لە دین بێ واجب بێ یا سوننەت ، وە نەهی ئەکەن لەوەی کە خاریجە لە مەقبوولاتی دین بەم شێوە حەرامە یا مەکرووهە ، وە ئەنجامی هەموو کارەکان هەر بۆ خودایە •

(وإِنْ يُكَذِّبوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نوحٍ وعادٌ وثمودُ (٤٢) وقَوْمُ إِبْراهيمَ وقَوْمُ لوطٍ (٤٣) وأَصْحابُ مَدْيَنَ وكُذِّبَ مُوسى ، فَأَمْلَيْتُ لِلْكافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كانَ نَكِيرِ ؟) (٤٤)

وە ئەگەر ئەم قەبیلەی قورەیشەو هاوپەیمانی ئەوانە باوەڕ ناکەن بە تۆ تۆ دڵگران مەبە ، ئەمە یاسای ئەو ئوممەتانەیە کە پێغەمەرەکانمان ناردوە بۆ سەریان لە پێش ئەمانا ئەوەتە لە پێش ئەمانەدا قەومی نوح ــ د ــ نوحیان بە درۆ ئەخستەوە ، وە قەومی هود کە بەنیعاد بوون هوودیان بـــە درۆ خستەوە ، وە گەلی ثەمود صالحیان بە درۆ ئەخستەوەو قــەومی ئیبــراهیم ئیبراهیمیان بە درۆ خستەوە ، قەومی لوط لوطیان بە درۆ خستەوە ، وە ئەو کەسانە کە خاوەنی وڵاتی مەدیەن بوونو دەستەلاتیان هــەبو لــە وڵاتــا

شوعەیبیان بە درۆ خستەوە ، وە لە پاش ئەو قیبطیەکان موسایان بــە درۆ خستەوە ••• جا منیش مۆڵەتی ئەو کافرانەم دا هەتا ئەو رۆژو وادە کە بۆم دانابوون هاتە پێشەوە ، جا ئەوانم گرتو سزام دان ، جــا بزانن چۆن بۆ ئینکاری من بۆ ئەوانو چۆن سەرو بــەرم دان بەیەکاو وڵاتەکەیانم تێکداو یاساکانم گۆڕینو ئەوانم بە فەنادا دا ؟

(فَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا، وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَشِيدٍ ؟) (٤٥)

گەلێ دێهاتمان وێران کردو خەڵکی دێکانمان لەناوبرد لە حاڵێکدا کە ئەوانە ستەمکارو بەدکردەوە بوون ئێستە وا دیواری خانوەکانیان کەوتوە بەسەر سەرمیچەکانیانا ، واتە لە پێشانا سەقفەکان داکەوتوون جا لە پاشان دیوارەکانیشیان رووخاونو کەوتوون بەسەریانا ! وە گەلێ بیری ئاوی خۆش کە ئێستە ماتڵنو کەس لەسەریان نیەو خاوەنەکانیانمان لەناوبردوە ، وە گەلێ کۆشكو باڵەخانەی بەرز کە خاوەنەکەیانم مراندوە !

بازێ فەرموویانە : مەبەس لەو بیرە بیرێکە وا لە رووی کێوێ لە وڵاتی (حضرموت)دا ، وە مەبەس لە کۆشکەکەیش کۆشکێکە لەسەر لوتکەی ئەو کەژە کرابوەوە عائیدی گەلی حەنظەلەی کوڕی صەفوان لە گەلی صالح بو، جا کاتێ ئەو گەلە حەنظــەلەیان کوشـــــت خودا ئەوانیشی لەناوبردو بیرەکەیانو کۆشکەکەیشیان رووخانو وێران بوون •

(أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا ، أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ؟! فَإِنَّهَا لا تَعْمَى الأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى القُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) (٤٦)

ئایا هێشتا ئەم کافرانی قورەیشە نەگەڕاون بە زەویدا ، واتــە بەو زەویەدا کە ئەو کارەساتانە رووی داوە تیایا هەتا دڵێکی وەهایان ببێ کــە فامی ئەسراری کاری خودای پێ بکەن‌و بکۆڵنەوە لە سیری ئەو کارەساتانە کە بەسەر ئەهلی ئەو زەویانەدا هاتوون ، یاخود گوێیەکی ساغی وەهایان ببێ کە دەنگ‌و باسی کارەسات‌و رووداوی قەدیمی پێ ببێن ؟ خۆ چاوی ســەری ئەوان کوێر نابێ بەڵام ئەو دڵە کە وا لەسەر دڵیانا کوێر ئەبێ . یانی ئــەم کافرانی قورەیشە حەواسیان ساغە بەڵام دڵیان نەخۆشە .

وە یاخود مەعنای وایە کە چاوی سەر کوێر نابێ بە تەنیا بەڵکو چاوی دڵی ئەوانیش کوێر ئەبێ .

(وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالعَذابِ وَلَنْ يُخْلِفَ اللهُ وَعْدَهُ ، وإنَّ يَوْماً عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ) (٤٧)

ئەو کافرانی قورەیشە پەلەت لێ‌ئەکەن بۆ هاتنی ئەو ســزایانە کــە هەڕەشەت پێ‌کردوون لەوان ، کەچی ئەوان پەلەیان ببێ یا نە ، هەر خودا وادەی خۆی بەجێ دێنێ‌و موخالەفەی ناکا هەرچەن دوایش بکەوێ وە بــە راستی رۆژێك بە حسێبی لای خودا وەکو هەزار ساڵ وایە لەو ساڵانە ئێوە ئەیانژمێرن .

واتە ماوەی حەق‌سەندن لە تاوانبار هەرچەن بە حسێبی ئێوە زۆری پێ‌بچێ بەڵام لە لای خودا کەمەو مەبەس هەر ئەوەیە سزاکە دێ‌و حەقەکە نافەوتێ ، ئیتر دواکەوتنی قەی ناکا ، بەڵێ گەلێ جاریش وا ئەبێ کە خودای تەعالا زووبەزو حەق ئەسێنێ لەسەر حیکمەتێ کە خۆی ئەیزانێ چیە .

(وكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا ، وهِيَ ظَالِمَةٌ ، ثُمَّ أَخَذْتُهَا ، وإلَيَّ المَصِيرُ !)(٤٨)

زۆر ئەهلی دێ مۆڵەتم دان لە ناردنی سزادا بۆ سەریانو ئەوان ستەمکار بوونو لە پاشان ئەوانم گرت ، واتە تۆڵەم لێسەندن لە دنیاداو لە ئەنجامیشدا هەر هاتنیان بۆ لای منە لە قیامەتاو بە تۆڵەو سزای خۆیان ئەگەن •

(قُلْ : يا أَيُّها النَّاسُ ! إنَّما أنَا لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ)(٤٩) فَالَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ ورِزْقٌ كَرِيمٌ (٥٠) والَّذِينَ سَعَوْا فِي آياتِنَا مُعاجِزِينَ اولائِكَ أَصْحابُ الجَحِيمِ)(٥١)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بانگ بکە لەو خەڵکە بڵێ : ئەی ئادەمیزادەکان ! من هەر ترسێنەرێکم بۆ ئێوە کە ئەو تاوانانە کە ئێوەی لەسەر ئەترسێنم بۆتان رووناك ئەکەمەوە ئەڵێم پێتان : ئێوە شەریك دائەنێن بۆ خوداو لەناو خۆتانا ستەمکارنو موبالات ناکەن بە ئامۆژگاری رەهبەران• جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناو کردەوەی باشیان کرد ئەوە ئەوانە عەفوو تاوانپۆشییان بۆ دێ لە لایەنی خوداوەو رۆزیەکی بە ئاسایشیان دەست ئەکەوێ ، وە ئەو کەسانەیش کە تێئەکۆشن بۆ رەدکردنەوەی ئایەتەکانمانو موسابەقە ئەکەن لەگەڵ ئەوانەدا قەبووڵیان ئەکەن ، واتە بازەکەسێ قەبووڵیان ئەکا ، وە ئەوانیش قەبووڵیان ناکەنو ئەیانەوێ زاڵبن بەسەر ئەوانەدا قەبووڵی ئەکەن ئەوانە خاوەنی دۆزەخنو لە دۆزەخ جیا نابنەوە •

پاداشی هەرکەس بە پێی ڕەفتارە
ئەگەر شیرینە یا ناهەموارە
ئەو کەسە بیرو باوەڕی چاکە
بیری ئاوی ئەو زەلاڵو پاکە
ئەو کەسەیش بیری بۆ جەسووریە
بەشی بیرەگەی تاڵیو سۆریە
مەشهووری عامە وێنەی مەثەلە
جەزا بە گوێرەی نەوعی عەمەلە

(وما أرْسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ ولاَ نَبِيٍّ إلاَّ إذا تَمَنَّى ألْقى الشَّيْطانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ ، فَيَنْسَخُ اللهُ ما يُلْقِي الشَّيْطانُ ، ثُمَّ يُحْكِمُ اللهُ آياتِهِ واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٢) لِيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطانُ فِتْنَةً لِلَّذِينَ فِي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ ، والقاسِيَةِ قُلوبُهم ، وإنَّ الظَّالِمِينَ لَفِي شِقاقٍ بَعِيدٍ (٥٣) ولِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُوا العِلْمَ أَنَّهُ الحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ ، فَتُخْبِتَ لَهُ قُلوبُهُمْ ، وإنَّ اللهَ لهادِ الَّذِينَ آمَنُوا إلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٤) ولاَ يَزالُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي مِرْيَةٍ مِنْهُ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ) (٥٥)

بزانن ! کە کەلیمەی (تمنی)دوو مەعنای هەیە :

یەکەم : ئارەزووی کرد ، دوەم : خوێندیەوە •

جا تەفسیری ئەم ئایەتانە لەسەر مەعنای یەکەم ئەمەیە : ئەفەرموێت : ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ دڵگران مەبە لەوە کە ئەو کافرانە هەمیشە

کردەوەکانی تۆو دڵخوازەکانی تۆ حەمل ئەکەن لەسەر ڕێگەی هـــەوای ئارەزووبازیو لای ئەدەن لەو قەسدە باشە کە لای تۆ هەیە ؛ چونکی ئەم تەئویل کردنە ناشیرینە لە پێش زەمانی تۆیشدا هەر بوە ، وە ئێمـــە هیچ پێغەمەرێکی خاوەن کتێبمان ڕەوانە نەکردوە ، تازەو غەیری تازە لە پێش زەمانی تۆدا ئیللا هەر کاتێ کە ئەو پێغەمەرە ئارە زووی کارێکی کردبێ و دەستی کردبێ بە جێبەجێ کردنی شەیتان بەدبیریو بەدخەیاڵیو مەبەســتی ناباری خستوەتە ناو ئەو ئارەزووەوەو بە ناو خەڵکدا بڵاوی اکردوەتەوە بۆ ئەوە کە کافرەکان بە بەددڵیو ناشیرینی بڕوانن بۆ ئەو کارە جا خودای تەعالا ئەو بیرە نابارانەی شەیتانی بەتاڵ کردوەتەوەو داویە بەباداو لە پاشان خودا ئایاتی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئەو پێغەمەرەو دوورخستنەوە لە شوبهەی کافرەکان وە شەیتان باش نازڵ کردوەو موبالاتی نەکردوە بـــە هەمهەمەو دیعایەی ناباری کافرەکان لەسەر ئیلقای شەیتان •

وە خودا بۆیە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە بۆ تەئییدی پێغەمەر هەتــا ئەوەی کە شەیتان خستویەتیە دڵی کافرەکانەوە بیکا بە فیتنەو دڵتێکدەر بۆ ئەوانە کە نەخۆشینی عەنادیان وا لە دڵا ، وە بۆ ئەوانە کە دڵیان دوورە لە خودای تەعالا • وە لە واقیعا بە ڕاستی ئەو ستەمکارانە وان لە لاگرتنێکی دوورا لە خوداوە ، وە هەتا ئەوانە کە زانیارییان پێدراوەو زانیارن بزانن ئەو ئارەزووی پێغەمەرەو ئەو کردەوە کە لەسەر موافیقی ئـــەو ئارەزوە کردوویەتی حەقەو ڕاستەو لە لای خوداوەیەو موافیقی ڕەزای ئەوە ، جــا ئیمانی پێدێنن و دڵیان وەری ئەگرێو ملکەچ ئەبێ بۆی ، وە بە ڕاســتی خودای تەعالا هیدایەتدەری خاوەن ئیمانەکانە بۆ ڕێگەی ڕاســـت ، وە کافرەکان دەوام ئەکەن لەسەر شوبهەو گومانی ناباز لەو کردەوەدا کە لەسەر ئارەزووی پێغەمەر بوە هەتا ڕۆژی قیامەت دێ بەسەریانا کوتوپڕ لە ناکاوا،

یا بۆیان دێ سزای رۆژێکی وا کە خێری لێ‌پەیدا نابێ نیسبەت بەوان ، وە بە جارێ لەناویان ئەبا •

وە پێویستە بزانن لەسەر ئەم تەفسیرە حاصلی مەعناکە بوو بەوە کـە پێغەمەر ـ د ـ ئارەزووی بازەکارێ ئەکاو کارەکەیش ئەکا ، بەلام شەیتان بەرابەر بەو ئارەزووەو بەرابەر بەو کردەوە دەست ئەکا بە (القاءات)ی نابار بۆ دلی کافرەکانو ئەخاتە دلیانەوە کە ئەوە ئارەزووەو لەسەر یاسای ناباری بووەو ئەو کردەوەیشە ئەو کردوویەتی بە پێی ئارەزووەکەی ئەویش ناراستو ناهەموارە • حاشا پێغەمەر دوورە لەم بابەتە •

وە (بیضاوی) لەسەر تەفسیری (تمنی) بە مەعنای یەکەم ئەلێ : کاتێ کە ئەو پێغەمەرە ئارەزووی کارێکی لە دلی خۆیا کرد شەیتان بەشی خۆی ئەخاتـە نـاو ئـەو ئارەزووی پێغەمەرەوەو پێغەمەریش بـە (تقاضـا)ی بەشەرییەت لەسەر ئەو شێوە ئارەزووەکە ئەکاو ئەو بەشەیش هەر هەیە لە ناو ئارەزووەکەیا ، بەلام خودای تەعالا ئەو بەشی شــەیتانە لەو ئارەزووی پێغەمەرە نەسخ ئەکاتەوەو هەموو ئارەزووەکەی صاف ئـەکا بۆ خوداو بۆ بەرزکردنەوەی دین ، وە ئایەتگەلێ کە حەزرەت بانگ بکەن بۆ (استغراق) لە ئومووری پاشەرۆژدا بە ساغی رەوانە ئەکاو دلی حەزرەت دێنێتەوە بۆ سەر ئەو بارە کە تەواو هەمووی بۆ لای خودایە •

وە لەسەر ئەم تەفسیرە ئیلقای شەیتان بۆ ناو ئارەزووی پێغەمەرە ، بەلام لەسەر تەفسیرە پێشووەکە ئیلقاکانی بۆ ناو دلی کافرانە،یانی دیعایەرەنگ دلیان تێک ئەداو ئەخاتە دلیانەوە کە ئەو پێغەمەرە بۆ ئەو مەبەستە نابارانە ئەو کارە ئەکا •

وە تەفسیری ئەو ئایەتانە لەسەر مەعنادانەوەی (تمنی) بە (خوێندنەوە) وەکو صاحیبی (روح المعانی) فەرموویەتی : هەر رەسوولێك وە یا (نبی)یەك لە پێش تۆدا رەوانەم کردبن کاتێ ئایەتێکیان خوێندبێتەوە شەیتان دەستی کردوە بە ئیلقائات بۆ دڵی کافرەکانەوە گومانی خراپ فڕەدان بۆ دڵیـــان بەرابەر بەو ئایەتە کە ئەو خوێندوویەتیەوە بە چەن جۆر ؛ بەوە کە ئەوە لە لای خوداوە نەهاتوەو خۆی داینـاوە ، وە یاوەری گرتوە لە فلانەکەس وە یا هەر لە (اسطورە)ی پێشینانە • جا خودای تەعالا ئەو ئیلقائاتو دیعایەی خراپی شەیتانەو ئەو ئیحائاتە کە ئەیکا بۆ دڵی کافرەکان نەسخئەکاتەوەو بە بێسوود دەریان ئەکا ، وە ئایەتەکانی خۆی دائەمەزرێنێو رەواجیان پێ ئەدا بۆ ئەوە کە ئەو دیعایاتو ئیلقائاتی ئەوە هەر بۆ کافرەکان زیانی ببێو بیانکا بە فیتنە بۆ ئەوانە کە نەخۆشی هەیە لە ناو دڵیاناو دڵیان دوورە لە خوداو رەش بوەتەوە ، وە تا موسوڵمانەکان بزانن کە ئەو ئایەتە کە شەیتان ئیلقائاتی خراپەی لەسەر کردوە دوورە لەو شوبهەی ئەوە وە حەقەو لە لایەنی خوداوە هاتوە ، بەڵام کافرەکان هەر بەو دەردەوە ئەتلێنەوە تا قیامەت دایێ وە یا هەتا تووشی سزایێ ئەبنو ئەمرن •

وە لەسەر ئەم تەفسیرەیش ئیلقائاتی شەیتان بۆ ناو ئەو قورئانە نەبوە کە پێغەمەر خوێندوویەتیەوە ، بەڵکو بۆ ناو دڵی کافرەکان بوە ، وە لە واقیعا هەر ئەم مەعنا راستەو ئەو مەعنا کە ئەڵێت شەیتان ئیلقای چەن کەلیمەیەك بکا بۆ ناو قورئان راست نیەو بە دەلیلی عەقڵیو نەقڵی دەدرێتە دواوە • بە چەن دەلیل :

یەکەم : لەبەر ئەوە کە ئەگەر مەجال ببێ بۆ شەیتان ئیلقای قیرائەت بکا بۆ ناو قورئانی پیرۆز ئەوە باوەڕ بە کەلامی خودا نامێنێ ، وە ئەگەر بڵێیت: قەی ناکا لەبەر ئەوە بە ئایەتێکی تر دەرئەکەوێ کە ئەو ئیلقای شـــەیتانە

هەڵەیەو نەفسی قورئانە ڕاستەکە ئەمێنێتەوە ، یەکێ ئەتوانێ بڵێت : مادام قورئانی ئەوەڵ ئیلقای دەخیلەی بۆ کرا ئەم ئایەتە دوایبانەیش کە تۆ بڵێیت وارید بوە لەوانەیە شەیتان شتێکی ئیلقا کردبێ •

دوەم : خودا لە تەعریفی قورئاندا فەرموویەتی : (لا یأتیه الباطل من بین یدیه ولا من خلفه) • وە فەرموویەتی : (انا نحن نزلنا الذكر وانا لـــه لحافضون) •

سێهەم : پێغەمەر ــ د ــ لە بەندەی خاوەن ئیخلاصەو خودا فەرموویەتی : (ان عبادی لیس لك علیهم سلطان) وە فەرموویەتی : (الا عبـــادك منهم المخلصین) •

بەهەرحاڵ لەسەر تەفسیری (تمنی) بە (ئارەزووی کرد) دوو مەعنای ساغ هەیە ، بەڵام مەعنای پێشو جوانترە لە مەعناکەی بەیضاوی ؛ چونکی وای لێ دێتەوە کە شەیتان ئیلقا بۆ دڵی کافرەکان ئەکا نەك ئیلقای نـــاو ئارەزووی حەزرەت ئەکا •

وە لەسەر تەفسیری (تمنی)بە خوێندیەوە مەعناکەی (روح المعانی) جوانە ، وەکو ئیستە بۆم نوسیت ، وە غەیری ئەم تەفسیرانە هـــەرچۆن مەشهوورن بە هیچ شێوەیێ شیاوی ئیعتیبار نین‌و پێویستە لەبەرچـــاوا نەمێنن •

(المُلْكُ يَوْمَئِـــذٍ لله يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ ، فالَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (٥٦) ، والَّذِينَ كَفَرُوا وكَذَّبُوا بِآيَاتِنا فَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذابٌ مُهِينٌ) (٥٧)

جا لەو رۆژی قیامەتەدا کە حەق‌و حەقیقەت دەرئەکەوێ‌و ئــــەوان شوبهەیان نامێنێ ، فەرمانداری موطڵەق هەر بۆ خودایەو حوکم ئەدا لە بەینی ئەوان‌دا بە پاداش‌و تۆڵە بە قەی کردەوە ، جا ئەوانە کە ئیمانیـــان هێناوەو کردەوەی باشیان کردوە وان لە ناو بەهەشتانی خاوەن نازو نیعمەتا • وە ئەو کەسانەیش کافرو بێ‌ئیمانن‌و باوەڕیان نەبوە بە ئایەتەکانی ئێمە ئەوانەیش سزایەکی وایان هەیە کە سووك‌و بێ‌نرخ‌و چرووکیان ئەکا •

(والَّذِينَ هاجَرُوا فِي سَبِيلِ اللهِ ثُمَّ قُتِلُوا أَوْ مـــاتُوا لَيَرْزُقَنَّهُمُ اللهُ رِزْقاً حَسَناً ، وإنَّ اللهَ لَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ(٥٨) لَيُدْخِلَنَّهُمْ مُدْخَلاً يَرْضَوْنَهُ ، وإنَّ اللهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ) (٥٩)

وە ئەو کەسانەیش کۆچیان کرد لە مەکەوە بۆ مەدینە لە ڕێگەی ڕەزای خوداو لە پاشان کوژران لە جیهادا ، یا بە مردن کۆچیان کرد ئەوە بە بێ گومان خودا ڕۆزییان پێ‌ئەدا لە باخی بەهەشتا بە ڕۆزییـــــەکی جوان ، بۆ شەهیدەکەیان لەبەر پایەی شەهادەت‌و بۆ مردوەکەیشیان لەبـــەر مەبەستی بەرزکردنەوەی دین‌و جوانی نیەت،وە بە ڕاستی خودا چاکتری ڕۆزی‌دەرانەو ڕۆزییەکەیان ئەمەیە کە خودا ئەیان‌خاتە مەنزڵێکەوە کە خۆیان پێی ڕازی بن، وە بەڕاستی خودا زانایە بە ئەحواڵی ئەوانەو بە پایەی جوانی نیەتیان‌و خاوەن حیلم‌و ئارامە دەربارەی تاوانباران •

(ذلِكَ ، ومَنْ عاقَبَ بِمِثْلِ ما عوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنْصُرَنَّهُ اللهُ ، إنَّ اللهَ لَعَفُوٌّ غَفورٌ) (٦٠)

حوکم‌و بڕیار ئەوە بو کە بەیان‌کرا ، وە هەر موسوڵمانێ حەقی خۆی بسێنێ‌و رەفتار بکا لەگەڵ خاوەن ستەمێکدا بە قەی ئەوە کە حەقی هەیەو لا نەدا لەو ئەندازەو ، لە پاش ئەوە هەر لە لایەنی کابراوە تەجاوز کرا بۆ سەری ئەوە بە راستی خودای تەعالا یارمەتی ئەو کەسە ئەدا بۆ حەق‌سەندن لەو ستەمکارە ، بە راستی خودای تەعالا عەفوکارەو تاوان‌بەخشە نیسبەت بەم کەسە کە کابرای عەفو نەکردوەو حەقی خۆی سەندوە ؛ چونکی هەرچەند عەفو باشترە بەڵام بە تەقازای ئینسانیەت‌و ریعایەتی نیظام کابرا حەقی هەیە بەسەریەوەو ئەتوانێ بیسێنێتەوە •

ریوایەت‌کراوە لە موقاتیلەوە : کە ئەم ئایەتە نازڵ‌بوە دەربارەی سریەیێ کە حەزرەت رەوانەی کردن ئەوانیش گەیشتن بە موشریکەکان لەبیست‌و هەشتی مانگی موحەڕەمدا لەوێ کافرەکان وتیان : تەماشا بکەن ئەصحابەکانی محەمەد هاتوون‌و ئەوان جەنگ‌ناکەن لە مانگە حەرامەکانا ، وە ئەصحابەکان سوێندیان دان کە لەم کاتەدا جەنگ نەکەن لەگەڵیانا ؛ چونکی ئێمە جەنگ ناکەین ، وە کافرەکان وتیان : نەخەیر ئێمە هەر جەنگ ئەکەین ، وە لە واقیعا شەڕیان کردو تەعەددایان لێ‌کردن ، جا موسوڵمانەکانیش بە ناچار جەنگیان لەگەڵ کردن‌و خودا یارمەتی دان‌و زاڵ‌بوون بە سەریانا ، بەڵام دڵیان لەم کارە گران بو ؛ چونکی ئەم جەنگەیان لە مانگی حەرامدا کرد ، جا ئەم ئایەتە نازڵ‌بوو بۆ دڵخۆشی‌دانەوە کە مادام ئێوە دیفاعتان لە نەفسی خۆتان کردوە تاوانتان لەسەر نیە •

(ذَلِكَ بِأَنَّ اللهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ ، وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَأَنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) (٦١)

ئەم یارمەتیدانەی بۆ ئەو کەسە کە حەقی خۆی ئەسێنێ لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خودا زانایە بە وردو درشتی هەموو روداوێ‌و بە دەقیقەو ثانیە شەو ئەهاوێتە ناو ڕۆژەوە ، لە شەو کەم ئەکاو لە رۆژ زیاد ئەکا ، وە لە رۆژ ئەهاوێتە ناو شەو ، وە بە راستی خودا بیسەرە بۆ هەموو دەنگێ‌و بینەرە بۆ هەموو رەنگێ ، جا خودایێ کە شانی وا بێ ئەبێ چۆن کۆمەکی نەکا بۆ ستەملێکراو لە ستەمکار ؟ بەڵێ بە راستی یارمەتی ئەدا •

(ذٰلِكَ بِاَنَّ اللّٰهَ هُوَ الحَقّ ، واَنَّ ما يَدْعُونَ مِنْ دونِهِ هُوَ البَاطِلُ ، واَنَّ اللّٰهَ هُوَ العَلِيُّ الكَبِيرُ) (٦٢)

وە وەصفدارکردنی خودا بە کەمالی قودرەت‌و عیلم‌و بە رەسایی دەستەڵات لەسەر ئەم ئەساسەیە کە هەر خوا وجوودی حەقی ثابتی بێ نیازە لە عالەمداو ، هەر مەعبوودێ ئەو کافرانە بانگی لێ ئەکەن بێجگە لە خودا پووچ‌و بەتاڵەو ، بە راستی خوداوەند خاوەن بەرزییە بەسەر هەموو مومکیناتاو گەورەیە لە کائیناتا •

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللّٰهَ اَنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً فَتُصْبِحُ الاَرْضُ مُخْضَرَّةً ؟ إنَّ اللّٰهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ) (٦٣)

ئایا نابینی کە خودای تەعالا بێگومان ئاو دائەپەڕێنێتە خوارەوە بۆ زەوی ، جا زەوی بە گیاو گوڵی رەنگامە سەوز ئەبێ ؟ بە راستی خودا لەطیفە بۆیە ئەو هەموو گوڵە لەطیفە جوانانە دروست ئەکاو ئاگادارە لەسەر تەدبیری کاروباری کائینات •

(لَهُ ما فِي السَّمٰواتِ وما فِي الأَرْضِ . وإنَّ اللهَ لَهُوَ الغَنِيُّ الحَمِيدُ) (٦٤)

وە بۆ خودایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکاناو ئەوەی وا لە زەویدا . وە بە راستی خودا دەوڵەمەندو بێ نیازەو لەسەر بەخشینی نیعمەتی خۆی تاریفو سوپاس ئەکرێ •

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللهَ سَخَّرَ لَكُمْ ما فِي الأَرْضِ والفُلْكَ تَجْرِي فِي البَحْرِ بِأَمْرِهِ ، ويُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الأَرْضِ ، إلاَّ بِإِذْنِهِ ؟ إنَّ اللهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُفٌ رَحِيمٌ) (٦٥)

ئایا نابینی کە بە راستی خودای تەعالا رامی کردوە بۆ ئێوەو بۆ سوودی ئێوە ئەوەی وا لە زەویدا لە کانو لە دارو ئاوو گیانداری سوودی تێدا بێ ، وە کەشتی رام کردوە بۆتان لە دەریادا رەوان ئەبێ بە فەرمانی خودا ؛ چونکی هەرچی پێویستە بۆ رەوانی کەشتیەکە هەمووی لە خوداوەیە ، وە ئاسمانو مەوادی بەرزی سەماوی رائەگرێو نایەڵێ بکەونە سەر زەوی ئیللا بە خواستی خۆی لەو رۆژەدا کە ئەیەوێ جیهان لەناو بەرێ ؟ بە راستی خودای تەعالا خاوەن رەئفەتو میهرەبانیە بۆ ئادەمیزاد •

(وهو الَّذِي أَحْيَاكُمْ . ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ، ثُمَّ يُحْيِيكُمْ . إنَّ الإنْسانَ لَكَفُورٌ) (٦٦)

وە خودا خودایەکی وایە کە ئێوەی زیندوکردوەو حەیاتی تێدا دروست کردوون پاش ئەوە کە مادەیەکی بێ گیان بوون ، وە لە پاش ماوەی بڕیاردراو

ئەتان مرێنیێ و گیانتان لێ ئەبڕێ ، وە لە پاش تەواوبوونی عالەمی (بەرزەخ) دووبارە زیندووتان ئەکاتەوە بۆ حسێبی بیرو باوەڕو کردەوە ، بە ڕاستی ئادەمیزاد نەوعێکی چاوئەستوورە بەرابەر بە نیعمەتەکانی خوداو سوپاسی نـاکـا •

(لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنا مَنْسَكاً هُمْ ناسِكُوهُ ، فَلا يُنازِعُنَّكَ فِي الأَمْرِ ، وادْعُ إلى رَبِّكَ ، إنَّكَ لَعَلى هُدىً مُسْتَقِيمٍ) (٦٧)

ریوایەت کراوە : ئەم ئایەتە نازڵبوە لە شانی کافرەکانی بەرەی (خزاعە)دا ئەیانوت بە موسوڵمانەکان : چۆن ئێوە گۆشتی حەیوانێ ئەخۆن کە خۆتان سەرتان بڕیبێ و ، گۆشتی حەیوانێ ناخۆن کە خودا کوشتبێتی ؟ واتــە مردارەوەبووبێ ! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

واتە بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتی پێغەمەران لە دنیادا شــەریعەتێ ئایینو دینێ بوە ئەوان لەسەری ڕۆیشتوون ، ئێمەیش ئەم دینەمان هەیە کە مردارەوەبوو حەرام ئەکا ، ئیتر با نیزاعت لەگەڵدا نەکەن لە ئەمری دیناو لە حەلاڵو حەرامی سەربڕاودا ، وە تۆ هەموو خەڵك بانگ بکە بۆ دینی خودای خۆت بە ڕاستی تۆ وای بەسەر ڕێگەیەکی ڕاستەوە •

(وَإنْ جادَلوكَ فَقُلِ : اللهُ أعْلَمُ بِمـا تَعْمَلونَ (٦٨) ، اللهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ القِيامَةِ فِيما كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفونَ) (٦٩)

جا ئەگەر موجادەلەیان کرد لەگەڵتا تۆ لە وەلامیانا بڵێ : خودای تەعالا زۆر ئاگادارە بەسەر ئەوەدا ئێوە ئەیکەن لە موجادەلەی بێ ســــوودو لــە

کردەوەی ناپەسەند . خودای تەعالا حوکم ئەکا لە بەینتانا لە ڕۆژی قیامەتا
بەرابەر بەو شتانە کە ئێوە ئیختیلافتان هەیە تیایاناو جەزاتان ئەداتەوە •

(اَلَمْ تَعْلَمْ اَنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما فِي السَّماءِ والاَرْضِ ؟ إنَّ
ذلِكَ فِي كتابٍ ، إنَّ ذلِكَ على اللهِ يَسِيرٌ) (٧٠)

ئایا نازانی کە خودای تەعالا زانایە بەوەی وا لە ئاسماناو لە زەویدا لە
گیاندارو بێ گیان ؟ ئەمە هەمووی نووسراوە لە (لوح المحفوظ)دا یا لە
عیلمی خودادا ، زانایی بەم شتانە بۆ خودا ئاسانە •

(ويَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ما لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطاناً ، وما
لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ ، ومَا لِلظّالِمِينَ مِنَ نَصِيرٍ) (٧١)

ئەو کافرانە بەندەیی ئەکەن ، لە غەیری خودای عالەم ، بۆ شتێکی
بێعەقڵو بێ عیلمی وا کە خودا هیچ دەلیلێکی دانەناوە لەسەر عیبادەتکردن
بۆیو خۆیشیان هیچ نازانن دەربارەی ئەوانە کە بۆ عیبادەت ئەشێن ، جا
ئەمانە ستەمکارنو ستەمکار یارمەتیدەری نیە •

(وإذا تُتْلى عَلَيْهِمْ آياتُنا بَيِّناتٍ تَعْرِفُ فِي وجُوهِ الَّذِينَ
كَفَروا المُنْكَرَ ، يَكادُونَ يَسْطونَ بِالَّذِينَ يَتْلونَ عَلَيْهِمْ
آياتِنا ، قُلْ : اَفَأُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذلِكُم ؟ : النّارُ وعَدَها اللهُ
الَّذِينَ كَفَرُوا وبِئْسَ المَصِيرُ) (٧٢)

کاتێ ئایاتی رووناکی ئێمە بەســـەر ئەو کافرانەدا بخوێنرێتەوە تۆ شێوەیەکی ناشیرین لە ناوچاوانی ئەو کەسانەدا ئەبینی کە کافرنو حاڵیان وەها ئەگۆڕێ نزیکە هەڵمەت بێنن بۆ سەر ئەو کەسانە کە ئایەتەکانی ئێمە ئەخوێنێتەوە بەسەریانا ! جا ئەی خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ : ئایا خەبەرتان پێبدەم بە شتێکی وەها نیسبەت بە حاڵی ئێوە خراپترو دڵتێکدەرتر بێ لە خوێندنەوەی ئەو ئایەتە رووناکانە بەسەرتانا ؟ : ئەو شتە بریتیە لە ئاگری دۆزەخ کە خودا وەعدەی داوە بەو کەسانە کافرن کە بەو ئاگرە ئـــەبێ بسووتێنرێن ، وە ئەو ئاگرە وە یا شوێنی ئاگرەکە جێگەو مەئالێکی زۆر ناهەموارە •

(يا أَيُّها النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فاسْتَمِعُوا لَهُ : إنَّ الَّذِينَ تَدْعونَ مِنْ دونِ اللهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُباباً ، ولَوِ اجْتَمَعُوا لَـهُ ، وإنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبابُ شَيْئاً لا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ، ضَعُفَ الطَّالِبُ والمَطْلوبُ) (٧٣)

ئەی ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی ، بە تایبەتی ئەی کافرانی مـــەکە ، قسەیەکی زۆر جوان هەیە ، ئەوەنە جوانە وەکو پەند وەهایە ، دەی گوێی بۆ بگرن : بە راستی ئەو کەسانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن جگە لە زاتی خودای تەعالا بە هیچ جۆرێ ناتوانن مێشێ چیە دروستی بکەن ، با هەموویشیان گردبینەوە ، وە ئەگەر مێشێ شتێکیان لێ بفڕێنێو لەوانی جیابکاتەوە ناتوانن ئەو شتە لەو مێشە بسێننەوەو ناگەنەوە بەو شتە ، گەلێ گەلێ زایفو بێ هێزە (طالب) کە بتەکانەو (مطلوب) کە ئەو شتەیە وا لێیان وەرگیراوە •

(ما قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ ، إنَّ اللهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) (٧٤)

ئەو کافرانە خودایان نەناسیوە بە ناسینێکی موافیقو سالم کە رەسابێو بگات بە ئەندازەی خۆی ، بە راستی خودای تەعالا خاوەن تەوانایەکی زۆر بە دەستەلاتە •

(اللهُ يَصْطَفِي مِنَ المَلائِكَةِ رُسُلاً وَمِنَ النَّاسِ ، إِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) (٧٥)

خودای تەعالا وا ئەبێ ئیختیاری مەلائیکە ئەکاو لە ناو مەلائیکەکانا چەن فروستادەیێ رەوانە ئەکا بۆ سەر ئادەمیزاد ئەوانەیان کە ئەیەوێ بیانکا بە پێغەمەر ، هەروا لە ئادەمیزادیش چەن کەسێ رەوانە ئەکاو ، خودا گۆیاو بینایە •

(يَعْلَمُ ما بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللهِ تُرْجَعُ الأُمورُ) (٧٦)

وە ئەو خودایە کە لەناو فریشتەکانا فروستادە هەڵئەبژێرێ ، لەناو ئادەمیزادیشا عالمو زانایە بەوەی کە لە زەمانی ئەوانا هەیە ، وە بەوەی کە لە دوای ئەوان رووئەدا ، وە بە حەقیقەت هەموو کاروبارێو هەموو جەزاو قەزایێ بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوەو ئەو بەدیهێنەری هەموو شتێکە •

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (٧٧)

ئەی کەسانێ کە ئیمانو باوەڕتان هەیە بە خوداو پێغەمەری خودا نوێژەکانتان بەجێبێنن ، وە ئەو دوو روکنە خاوەن قیمەتە لەناو نوێژەکانتانا کە ڕوکووعو سوجوودە باش بەجێیان بێنن ، با لەشتان دامرکاوو دڵتان دامەزراوو رۆحتان ئاگادارتر بێ لە کاتەکانی تر ، وە عیبادەتی پەروەردگاری خۆتان بکەنو ، باقی ئەرکانەکانی ئیسلام بەجێبێنن ؛ چونکە خانووی ئیسلام لەسەر پێنج روکن دامەزراوە ، وەکو چوار دیوارو سەقف بۆ خانوو ، وە ئیشێکی وا بکەن کە بە خێرو بەسوودتر دابنرێ لە خێراتی هەرەمە ؛ واتە هەر کارێ لەم روکنانەتان بەجێهێنا با ساغ بۆ خودا بێو با لەگەڵ ئاگاداری دڵدا بێ ، وە هەرکارێکی خاریج لە ئەرکانی ئیسلامتان کرد وەکو خزمەتی ئادەمیزادو صیلەی رەحمو سوودگەیاندن بە موسوڵمانان وەهای بکەن بۆ رۆژی حسێب وەزنێکی گرانی ببێ ، رجا وایە رزگار ببن لە سزای رۆژی قیامەت .

﴿ وجَاهِدُوا فِي اللهِ حَقَّ جِهادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ ومَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ، مِلَّةَ أبِيكُمْ إبْراهِيمَ ، هُوَ سَمَّاكُمُ المُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ ، وفِي هَذا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيْكُمْ وتَكُونُوا شُهَدَاءَ على النَّاسِ ، فَأقِيمُوا الصَّلاةَ وآتُوا الزَّكَاةَ ، واعْتَصِمُوا بِاللهِ هُوَ مَوْلاكُمْ ، فَنِعْمَ المَوْلى ونِعْمَ النَّصِيرُ ﴾ (٧٨)

وە جیهاد بکەن لەبەر رەزای خوداو لەبەر بەرزکردنەوەی دینی ئیسلامو ، تێکوشن بە تێکۆشینی راستەقینەو ساف بەسەرفکردنی رۆحی خۆتانو کوشتار لە مەیدانی جەنگداو ، بە سەرفیماڵو دارایی خۆتان

لە ڕێگەی خوداداو لە غەزاداو ؛ بە بەکارهێنانی شانو پایەو حورمەتی خۆتان بۆ ئیقامەی جیهاد یا بۆ دەوامدان بە ڕێنومایی ئادەمیزاد بە قەی تەوانا ؛ چونکە خودای تەعالا ئێوەی هەڵبژاردوە بۆ هەڵگرتنی ئەحکامی ئیسلامو پارازتنیو ڕاگرتنیو دەوامپێدانی ، وە لەم دینەدا کە ئێوەی بۆ هەڵبژاردوە کاری ناهەموارو ، باری هەڵنەگیراوو ، کردەوەی نەکراوی بۆ بڕیار نەداون؛ بەڵکو تاعەتی بەستوە بە تەواناوەو نوێژ بە ڕاوەستانو دانیشتنو ڕاکشانەوە. وە لە ماوەی ئیقامەتا تەواوو لە کاتی سەفەردا کورت ؛ وە کاتێ ئاوتان نەبوو یا بۆتان بەکار نەدەهات (تیمم)بکەن ؛ وە ئەگەر لە مزگەوتا نەبوو لە هەر شوێنێکی پاکو چاکا بێ بیکەن . وە ڕۆژو بگرن ئەگەر عوزرتان نەبو . ئەگەرنا لە نەخۆشیو لە سەفەرا بەڕۆژو مەبنو دوای بخەن ؛ وە ئەگەر بێتاقەت بوون کەفارەتی بدەن ، وە ئەگەر قیصاصتان کەوتە ماوەی عەفوو صوڵح هەیە لەناوتانا ؛ وە بۆ پاش مردنتان ماوەی خێرو چاکە هەیە بکرێ بۆتان ، وە ئەم دینی ئێوە دینی تەوحیدەو دینی ئیبراهیمی خەلیلە کە باوکتانە؛ وە دینێکە خودا داویەتی بە ئێوە لە ئەنجامی پاڕانەوەی ئەودا کە لە کاتی دروستکردنی (كعبة الله)دا فەرمووی : (ربنا واجعلنا مسلمين لك ومن ذريتنا أمة مسلمة لك) .

وە خودای تەعالا ناوی ئێوەی بردوە بە موسوڵمان لە کتێبە پێشوەکانا لە تەوراتو ئینجیلدا وە موژدەی داوە بە هاتنی ئێوە لە خزمەتی ئەوەو پێغەمەرەدا کە ڕەوانەی ئەکا بە خاتەمی پێغەمەران ، هەروا ناوی بردوون بە موسوڵمان لە قورئانا ، وە پێغەمەرەکەتانی ناوبردوە بە (اول المسلمين)وە ئەم نیعمەتانەی بۆ ئەوە داوە بە پێغەمەرو بە ئێوە هەتا لە دنیادا پێغەمەر موراقەبەی ئێوە بکا لە بەجێهێنانی دینی ئیسلاماو ئێوەیش لە پاش وەفاتی ئەو موراقەبەی باقی موسوڵمانان بکەن ، وە یاخود هەتا ئێوە پایەدار بن

لەسەر ئەم دینە هەتا مردنو لە ڕۆژی قیامەتدا پێغەمـــەری ئێوە ــ د ــ شەهادەت بدا لەسەر ئێوە کە ئەحکـامی خودای پێ گـــەیاندوون ، وە شایەتیەکەی بۆ خۆی قەبووڵ ئەکرێ ؛ چونکە حاکمی موطڵەق عالمە بـــە واقیعە لەسەر وەجهی حـــەق • وە ئێوەیش شـــایەتی بـــدەن بۆ باقی پێغەمەران ــ د ــ لەسەر ئەوە کە دینیان گەیاندوە بە باقی ئادەمیزاد هەرکام لە ڕۆژی خۆیانا ، وە ئەم شایەتییەیش بە ئیعتیماد لەسەر ئەوە کە لە قورئاندا نووسراوە تەبلیغاتی ئەو پێغەمەرانە بۆ ئوممەتەکەیان ، وە هەم بە ئیستیناد بە فەرموودەی پێغەمەری خۆتان لەسەر ئەو راگەیاندنە •

جا کە وایەو ئەنجامی ئێوە ئەمەیە نوێژەکاتتان کە کۆڵەکەی دینەکەتانە باش بەجێیان بێنن‌و زەکاتی ماڵیشتان بدەن بە داماوانی خۆتان ، وە ئیعتیماد بدەن لەسەر کەرەمی خودای خۆتان‌و لەسەر یارمەتیدانی ئەو بۆتان ؛ چونکە هەر ئەو خودایە گەورەو یارمەتیدەرو پەنای ئێوەیە ، جـــا زۆر باش گەورەیەکتان‌و زۆرباش یارمەتیدەرێکتان خودای پەروەردگارە •

سوپاس بۆ خودا لە ڕۆژی یەك شەنبەی ١٩ ذی الحجەی ١٣٩٨ی کۆچی ڕێکەوتی ١٩٧٨/١١/٢١ی زاینیـدا لە نووســــــینەوەی تەفسیری ئەم سوورەتە بوومەوە •

عبدالکریم المدرس

سووره‌تی (مؤمنون) ، (مه‌کی) یه‌و ١١٨ ئایه‌ته ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ (١) الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ
خَاشِعُونَ (٢) والَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ (٣) ، والَّذِينَ
هُمْ لِلزَّكاةِ فاعِلونَ (٤) والَّذِينَ هُمْ لِفُروجِهِمْ حافِظُونَ (٥)
إلاَّ عَلَى أَزْواجِهِمْ أَوْ ما مَلَكَتْ أَيْمانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ
مَلومِينَ (٦) فَمَنِ ابْتَغَى وراءَ ذلِكَ فَأُولئِكَ هُمُ العادونَ (٧)
والَّذِينَ هُمْ لأَماناتِهِمْ وعَهْدِهِمْ راعُونَ (٨) والَّذِينَ هُمْ عَلى
صَلَوَاتِهِمْ يُحافِظُونَ (٩) أُولائِكَ هُمُ الوارِثُونَ (١٠) الَّذِينَ
يَرِثُونَ الفِرْدَوْسَ هُمْ فِيها خَالِدُونَ) (١١)

حه‌زره‌تی عومه‌ری کوری خه‌طاب ــ خ ــ فه‌رموویه‌تی : هه‌ر کاتێ که وه‌حی ئه‌هاته سه‌ر حه‌زره‌ت ــ د ــ له ده‌وری سه‌رو رووی‌دا ده‌نگێ ئه‌بیسرا وه‌کو ده‌نگی هه‌نگ ، جا رۆژێ وه‌حی بۆ هات‌و ئێمه سه‌عاتێ ماینه‌وه لـه خزمه‌تیا هه‌تا ئه‌وه ته‌واو بو ، جا حه‌زره‌ت رووی کرده قیبله‌و هه‌ردوو ده‌ستی به‌رزه‌وه‌کردو فه‌رمووی : (اللهم زدنا ولا تنقصنا ، واكرمنا ولا تهنا ، واعطنا ولا تحرمنا ، وآثرنا ولا توثر علينا ، وارضنا وارض عنا)

واتە خودایە ڕەحمەتی خۆتمان بۆ زیاد بکەو کەمی مەکـــە ، یاخود ژمارەمان زۆر بکەو کەممان مەکەرەوە ، وە ئیکرامسان بگرەو سووکمان مەکەو ، نیعمەتمان پێ‌بدەو نائومێدمان مەکە ، وە هەڵمان بژێرەو چاودێریمان بکەو ، غەیری خۆمان بەسەرمانا زاڵ‌مەکەو ئیختیاریان مەکە بەسەرماناو ڕازیمان بکەو لێمان ڕازی بە •

پاش ئەمە فەرمووی : دە ئایەت هاتوەتە خوار بۆ سەرم هەرکەسـێ ئەوانە ڕابگرێ ئەڕواتە بەهەشتەوە ، جا خوێندیەوە : (قد أفلح المؤمنون••) هەتا هەر دە ئایەتەکەی خوێندەوە •

جا خودا ئەفەرموێت : بە ڕاستی ڕزگار ئەبن لە سزاو ئازاری قیامەت ئەو خاوەن ئیمانانە کە ئەم شتانە بەجێ‌بێنن :

یەکەم : لە نوێژەکانیانا خۆیان کز بکەن‌و لە خودا بترسن‌و لەشـیان ئارام بێ‌و لا نەکەنەوە بەم‌لاو ئەولادا ، ئەمانەیش وا دەست ئەکەون کە کابرا ڕێزی نوێژەکـەی بگرێ لە خوێندنی نوێژەکـەیاو لـە ڕوکووع‌و لـە سوجدەکانیا بە ئیخلاص بێ‌و بیرو باوەڕی تەواو بێ‌و گرنگی بە نوێژەکەی بداو بەدڵ وا بزانێ کە وا لە حوزووری خودادا ڕاوەستاوەو قسە لەگـەڵ ئەودا ئەکا ، وە بە قەی تەوانا لەو نوێژەدا بیری خۆی نەبا بۆ کارێکی تـر غەیری ئەو نوێژە • یانی خەیاڵاتی تێدا نەکا • کە وابێ (خوشووع) بریتیە لە ئارامبوونی لەش‌و بە ئەدەب‌بوونی دڵ‌و موناجاتکردن لەگەڵ خودادا •

دووهەم : ئەوە کە ئیعراض بنێن‌و لا بدەن لە شتی بێ‌سوود لە وتاراو لە کردارا • واتە هەر وتارێ‌و هەر کردەوەیێ واجب‌و سـوننەت نەبن‌و حەلاڵێکی وا نەبن کە قازانجێکی دینی یا دنیایی تیـا بێ نەیـانکا ، وەکو حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی : (من حسن اسلام المرء ترکه ما لا یعنیه)

واتە لە جوانی ئیسلامیەتی ئینسانە تەرکـکردنی هەرشتێ کە ئەهمیەتی نەبێ بۆی بەم شێوە لا بدا لە هەرچی حەرامو هەرچی مەکرووهەو هـــەر موباحێکیش بێ قازانج بێ •

سێهەم : ئەمەیە کە زەکاتی دارایی خۆی بدا لە پارەی نەختو لە گەلەو خەلە •

چوارەم : ئەمەیە کە فەرجی خۆیان ، بەرو دوایان ، بپارێزن لە هەموو کەسێ لە هاوسەرو هاوجووتی خۆیان نەبێ وەکو ژن بۆ پیاوو پیاو بۆژن ، وە لەو ژنانە کە دەستی راستی ئەوان کردوویەتی بە موڵکی خۆی ، واتــە بەو یاسا کە لە دینی ئیسلاما بەیانکراوە وەکو ئەوە کە ئەگەر پیاوێ ئازاد بێ لە چوار ژن زیاتر لە نیکاحیا نەبێ‌و عەدالەت لەناویانا بەجێبێنێ‌و بە یاسای دین لەزەتیان لێ‌وەربگرێ •

جا ئەگەر کەسێ غەیری ئەمانە بەکاربێنێ واتە زینا بکا ، یا لیواطە بکا ، یا بڕواتە لای ژنی خۆی لە کاتی حەیزو زەیسانیدا ، وە یا لە دواوە بڕواتە لای ژنی خۆی •• ئەوە ئەو جۆرە کەسانە لە سنووری شەرع لایانداوەو بەسەرکەوتوو ناناسرێن‌و ئەگەر خودا لێیانخۆش نەبێ لە سزا رزگار نابن•

بەڵێ لەزەت‌وەرگرتن لە ژنی مارەبڕاوی خۆی‌و لە جارییە مووجیبی لەوم نیەو ئەوانە لەسەر ئەوە لۆمەیان ناکرێ •

پێنجەم : ئەمەیە کە چاودێری ئەمانەتی خۆیان بکەن . واتە ئەو شتانە کە بە شێوەی ئەمانەت وا لە لایان ، وەکو ماڵی ئەمانەت‌و حەقی خەڵکی بە بێ خیانەت تەسلیمی بکەنەوە بە خاوەنەکەی •

وەقابیلە مەبەس لە ئەمانەت هەموو ئەو شتانە بێ کە خودای تـــەعالا ئەوانی کردوە بە ئەمیندار لە سەریان لە ریعایەتی ئەعزای خۆیان کە لـــە

غەیری مەشرووعا سەرفی نەکەن بە چاو تەماشای نامەحرەم نەکەن‌و بە گوێچکە قسەی حەرام نەبیسن‌و بە زمان هەرچی وتاری ناشەرعییە نەیکەن‌و دەست لە حەراما بەکار نەهێنن‌و نەدەن لە کەس‌و ماڵی حەرامی پێ‌هەڵنەگرن‌و، بە پێ نەڕۆن بۆ کاری ناشەرعی‌و ، فەرجی خۆیان لە ناشەرعیدا بەکار نەهێنن‌و ، هەر پەیمانێکیان کرد وەفای پێ‌بکەن‌و ، سوێندی درۆو شەهادەتی درۆو ریوایەتی درۆو حیکایەتی درۆ نەکەن .

شەشەم : وەکو نوێژەکانیان ئەکەن‌و خوشووعیان هەیە لە ناویانا ئەو نوێژانە لە کاتی خۆیانا بەجێ‌بێنن وە تا مومکین بێ بە جەماعەت بیانکەن‌و ریعایەتی شەرائیط‌و ئەرکانی ئەو نوێژانە بکەن .

جا ئەو کەسانە کە مەوصووفن بەم صیفەتانە ئەوانەن واریث‌و گەیشتوو بە بارەی نەبڕاوەی بەهەشتی فیردەوس‌و ئەمێننەوە تیایا هەتا هەتایە .

بزانن ! زاناکانی ئیسلام ئایەتی (والذين هم لفروجهم حافظون ... تاد)یان کردوە بە دەلیل لەسەر ئەوە کە : عەقدی نیکاحی موەقەت بە زەمانێکی مەحدوود کە مەشهوورە بە (متعه) بەتاڵە ؛ چونکی ئەو ژنە کە بۆ ماوەیەکی دیاری مارە ئەکرێ (مملوكه)نیەو بەر مەفهوومی (او ما ملكت ايمانهم)ناکەوێ ، وە لە عورفی شەرعیشا بە (زوجة) ناناسرێ ؛ چونکی ئەحکامی زەوجەی بەسەرا جاری نابێ ، ئەوەتە ئەگەر لەو ماوەدا کە وان بە یەکەوە مێردەکەی بمرێ میراتی لێ وەرناگرێ ، وە لە پاش تەواوبوونی ماوەکە بە بێ تەڵاقدان لە کابرا جیائەبێتەوەو وەعدەکەیش بەس یەك حەیزە کە رابووری بەسەریا .

وە ئەگەر کەسێ بڵێت : مادام ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە (متعە)بەتاڵە وە لە عەینی کاتا لە شاری مەکەدا نازڵ بوە لە پێش کۆچی حەزرەتا ــ د ــ بۆ مەدینە چۆن نیکاحی موتعە لە پێش واقیعەی خەیبەردا حەلاڵ کراوە ، وە لە واقیعەی خەیبەرا حەرام کراوەو لە ساڵی فەتحی مەکەدا و لە واقیعەی (اوطاس)دا حەلاڵ کراوەتەوەو هەر لەو ساڵەدا لە شاری مەکەدا حەزرەت حەرامی کردوە ؟

ئەڵێم : بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەیە :

یەکەم : ئەتوانین بڵێین : کە ئایەتی (والذین هم لفروجهم حافظون ... الایە) لەگەڵ رەفیقەکانیا لە پاش هیجرەتکردنی حەزرەت بۆ مەدینەی مونەوەرە لە ساڵی فەتحا لە شاری مەکەدا نازڵ بوە ، وە هەر ئایەتێ کە لە شاری مەکەدا نازڵ بووبێ بە (اصطلاح)ێکی غەیرەمەشهوور ناو ئەبرێ بە (مەکی) هەرچەن لە پاش هیجرەتا نازڵ بووبێو لە پاش نازڵبوونی ئەو ئایەتە حەزرەت لە مەکەدا موتعەی حەرام کردبێ .

جوابی دووهەم : ئەمەیە کە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا ئەفەرموێت : (والصحیح الذی جری علیه جمهور الاصولیین جواز تخصیص عموم القرآن بخبر الواحد ؛ لانه ــ ص ــ مبین للناس ما انزل الیه من کتاب الله) .

بە گوێرەی ئەمە هەرچەن ئایەتی (فمن ابتغی وراء ذلك فاولائك هم العادون) عامە بۆ هەموو ژنێو لە هەموو کاتێکدا حەزرەت ــ د ــ ئەتوانێ تەخصیصی بکا بەوانەوە کە خاوەن (اضطرار)و ناچار نین بۆ ژن لە سەرەتای ئیسلامدا ئەنا ئەگەر ئینسانی موسوڵمان لەو سەرەتای ئیسلامەدا ناچار بووبێ بۆ ژن بۆیان دروست بوە بە یاسای (موتعە) ژن وەربگرن

لەبەر مەصلەحەتی سەرکەوتنی ئیسلام • وە بەو حەدیثە کە حەزرەتی عەلی (ﷺ) ریوایەتی کردوە لە شەڕی خەیبەردا حەرام کرابێ . وە بەو حەدیثە کە رەبیعی کوڕی سبرەی جوهەنی ریوایەتی کردوە لە ساڵی فەتحدا لە پاش فەتحی مەکەو پاش شەڕی (هوازن) حەرام کرابێتەوە هەتا قیامەت ، ئەوەتە لە صەحیحی موسلیمدا ئەفەرموێت :

(حدثنا محمد بن عبدالله بن نمیر ، حدثنا ابی ، حدثنا عبدالعزیز بن عمر ، حدثنی الربیع بن سبرة الجهنی ، ان اباه حدثه انه کان مع رسول الله ــ ص ــ فقال : یا ایها الناس انی قد کنت اذنت لکم فی الاستمتاع من النساء ، وان الله قد حرم ذلك الی یوم القیامة ، فمن کان عنده منهن شیء فلیخل سبیله ، ولا تأخذوا مما آتیتموهن شیئا) •

وە لێرەدا دەرکەوت کە نیکاحی موتعــە بە ئایەتی (والذین هم لفروجهم حافظون) حەرام کراوە ، هەروا بە حەدیثی حەزرەت دوو جار حەرام کراوە : لە خەیبەراو ، لە ساڵی فەتحی مەکەدا • وە لە ناو ئایەتەکانی باسی نیکاحدا هیچ ئایەتێ نیە بۆ حسێبی موتعە دەست بداو ئیستیدلالی پێ بکرێ لەســەر حەڵاڵی موتعە ئەوە نەبێ کە لە سوورەتی (نساء)دا ئەفەرموێت : (فمــا استمتعتم به منهن فآتوهن اجورهن فریضة) •

وە بە درێژی لە شوێنی خۆیا وەڵامی ئەو کەســـانەمان دایەوە کــە ئیستیدلالیان بەو ئایەتە کردوە لەسەر حەڵاڵی موتعە ، ئیتر لێرەدا درێژەپێدان پێویست نیە •

(وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإنْسَانَ مِنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ) (١٢)

بە راستی ئێمە لە کاتی خۆیدا ئادەمیزادی یەکەممان دروست کرد لە میقدارێ صــافی پوختــەی خۆلاصە لە گڵی تەڕکراو بــە ئــاو ، وەکو

ریوایەتکراوە : کە خودای تەعالا ئەمری کردوە بە مەلائیکەکان ئەندازەیێ گڵیان لەسەر زەوی وەرگرتوەو بردوویانە بۆ بەهەشتو لەوێ بە ئاوی جۆگەی (تسنیم) شێلاویانەو بە فەرمانی خودا تەصویر کراوە بە صوورەتی ئادەمو خودای تەعالا بە (نفحەی قدسیە) رۆحی کردوە بە بەریا •

(ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ) (١٣)

لە پاش مرووری زەمان ئینسانمان کرد بە تۆمی پشتی ئادەمو سنگی حەواء ، وە ئەو تۆمانەمان دامەزران لە جێگەئارامێکی قایمی دامەزراوی وەهادا کە (موانع) رووی تێ نەکاو چل رۆژ بەو شێوە مایەوە •

(ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا العَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا المُضْغَةَ عِظَاماً ، فَكَسَوْنَا العِظَامَ لَحْماً ، ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقاً آخَرَ ، فَتَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الخَالِقِينَ) (١٤)

پاش ئەو ماوە دیاریيە ئەو تۆمەمان کرد بە خوێنپارە ، جا ئەو خوێنپارەمان کرد بە گۆشتپارە ، جا بازێ لەو گۆشتپارەمانە کرد بە ئێسقانی لەشی ئینسانەکەوەو ، ئەو ئێسقانەمان بە گۆشت داپۆشی ، واتە : ئەو گۆشتپارە بازێکیمان کرد بە ئێسقانو بازێکمان کرد بە گۆشتو ، ئەو ئێسقانەمان بە گۆشت داپۆشیو ، لە پاشان کردمان بە مەخلووقێکی غەیری ئەو مەخلووقە پێشوە ، چونکی ئەمرمان کرد کە مناڵدان فڕەی بدا بۆ دەرەوەو شوعوورمان کردەوە ، وە هێزی عەقڵمان زیاد کرد لە دەرکی (بدیهیات)ەوە بۆ (نظریات) ، وە بۆ گردکردنەوەی صوورەتی عولوومی نەظەریە لە دڵیاو لەوێدا هێشتمانەوە وەکو صیفاتی غەریزیو ، کردمان بە

خاوەنی مەلەکەی (استحضار) بە جۆرێ وەکو سەرچاوەی ئاو ئەگەر هەتا ماوە عیلمی لێوەربگیرێ تەواو نابێ ، جا زۆر زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە جوانتری هەموو خاوەن تەقدیرو تەصویرێکە لەبەر ئەوە غەیری خودا هەر تەقدیرو تەصویری پێئەکری ، بەلام خودا تەقدیرو تەصویری پێ ئەکرێو پاش ئەوە ئیجادو ئیبداعو خەلقیشی پێ ئەکرێ •

بزانن ! ئەو حەدیثە کە عەبدوللای کوری مەسعوود ـ خ ـ ریوایەتی کردوە لە حەزرەتەوە ـ د ـ وەکو تەفسیر وایە بۆ ئەم ئایەتە ، ئەفەرموێت : یەکێ لە ئێوە ، ئەی ئادەمیزاد ، ماوەی دروستبوونی کـــە نوطفەکەیە گردئەکرێتەوە لە سکی دایکیا لە ناو مندالدانا بە نوطفەیی تا چل رۆژ ، پاش ئەوە بە خوێنپارەیی ئەمێنێتەوە تا چل رۆژ ، ئەمجار ئەبێ بە گۆشـــتپارەو ئەمێنێتەوە هەتا چلرۆژ ، پاش ئەوە خودای تەعالا فریشتەی مەئسووری بۆ حەوالە ئەکاتو فووی پێدا ئەکاتو گیان ئەکرێ بە بەریا • وە ئەو فریشـە ئەمری پێ ئەکرێ لە لایەنی خوداوە بە نووسینی چوار کەلیمە : بە نووسینی رزقو رۆزی ئەوو ، کاتی مەرگو ئاکامیو ، نووسینی صیفەتی شەقاوەتو صیفەتی سەعادەتی ، یانی ئاخۆ ئاخر خێرەو ئەهلی بەهەشتە ، یاخود عاقیبەت شەرەو ئەهلی دۆزەخە • جا قەسەم بەو خودایە کە غەیری ئەو خودای تر نیە یەکێ لە ئێوە کردەوە ئەکاو رەفتار ئەکا بە رەفتاری بەهەشتی لە طاعاتو عیبادات هەتا زۆر نزیك ئەبێتەوە لە بەهەشت کوتوپر ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی بە هۆی عاریضەیەکەوە ئەسوورێ بۆ کردەوەی خراپو ناشیرینو رەفتار ئەکا بـــە رەفتاری ئەهلی دۆزەخو ئەرواتە نـــاو دۆزەخـــەوە ، وە موستەحەق ئەبێ بە چوونی دۆزەخ ، وە یەکێ لـــە ئێوە کردەوە ئەکا بـــە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتا زۆر نزیك ئەبێتەوە بە دۆزەخ جا بە ئارەزووی خۆی هەلئەسوورێتەوە بۆ کردەوەی باشو پەشیمان ئەبێتەوە لە بیرو باوەرە

ناهه‌مواره‌که‌ی بۆ بیرو باوه‌ڕی باش‌و کرده‌وه‌ی جوان‌و ده‌وام ئه‌کا له‌سه‌ر کرده‌وه‌ی ئه‌هلی به‌هه‌شت‌و موسته‌حه‌قی به‌هه‌شت ئه‌بێ‌و ئه‌ڕواته به‌هه‌شته‌وه‌ •

ئه‌م حه‌دیثه شه‌ریفه به‌یانی ئه‌وه ئه‌کا خودای ته‌عالا زانایه به ئه‌حوالی به‌نده‌ی خۆی‌و ئه‌زانێ ئه‌و هێزو ته‌وانایی خۆیه بۆ خێر صه‌رف ئه‌کا یا بۆ شه‌ڕو ، ئایا له کرده‌وه‌ی باش وه‌رئه‌گه‌ڕێ بۆ کرده‌وه‌ی خراپ یا نه ، وه له کرده‌وه‌ی خراپ وه‌رئه‌گه‌ڕێ بۆ کرده‌وه‌ی باش یا نه ؟ وه له‌سه‌ر ئه‌و زانسته ره‌سایه له پێش ئه‌وه‌دا که ئه‌و که‌سه بکه‌وێته مه‌یدانی کرده‌وه‌وه ، (اضباره)و ده‌فته‌ری به گوێره‌ی عیلمی خودا ئاماده‌یه‌و مه‌علوومه له لای خودا ، ئیتر مه‌عنای وا نیه که خودای ته‌عالا هه‌ر له پێشا به زۆر بڕیاری داوه ئه‌و کابرا دۆزه‌خی بێ یا به‌هه‌شتی بێ ، حاشا وه که‌للا ! ئه‌مه پێچه‌وانه‌ی یاسای دین‌و قورئانی پیرۆزه • وه له عه‌ینی حالا وه‌کو ئاگاداره له ره‌فتاری خێرو شه‌ڕی ئاگاداریشه له هه‌وڵدانی بۆ رزق‌و رۆزی‌و چۆن نان‌و ئاو بۆ خۆی پـه‌یدا ئه‌کا ، وه (عامل)ئه‌بێ یا (عاطل)وه به کام پیشه مه‌شغووڵ ئه‌بێ‌و ژیواری چۆن ئه‌بێ •

وه ئه‌م عیلمه مه‌نعی کابرا ناکا له کاسبی‌و له کشتوکاڵ‌و له موباشه‌ره‌ی وه‌زیفه‌و غه‌یری ئه‌وانه • ئه‌مانه هه‌مووی ئه‌وهامی پڕوپووچن ، پێویسـته ئینسان له‌سه‌ر یاسای عه‌قڵ‌و یاسای ژیانی جیهان هه‌وڵ بدا بۆ دین‌و دنیـای خۆی‌و ئیعتیماد بدا له‌سه‌ر زاتی خودای ته‌عالا •

(ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذٰلِكَ لَمَيِّتُونَ (١٥) ، ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيامَةِ تُبْعَثُونَ) (١٦)

جا پاش ئه‌وه که‌وتنه رووی دنیاو گه‌وره بوون ده‌وام ئه‌که‌ن تا ماوه‌ی بڕیاردراو به که‌م یا به زۆر ، ئه‌مجار ئێوه مردوون ، واته به راستی ئه‌مرن‌و

لە مردن رزگار نابن‌و ، ئەکەونە عالەمی (بەرزەخ)ەوە . وە ئەو عالەمـــە نموونەیەکی عالەمی قیامەتە ؛ ئەگەر لە دنیادا بیرو باوەڕو رەفتارتان باش بووبێ ئەوە ئەو قەبرەتان بۆ ئەبێ بە باخێ لە باخەکانی بەهەشت ، وە ئەگەر بیرو باوەڕو کردەوەی ناهەموارتان کردبێ ئەوە قەبرەکەتان بۆ ئەبێ بـــە نموونەیێ لە دۆزەخ • وەکو لە حەدیثی شەریفا هەیە • جا پاش تەواوبوونی ماوەی عالەمی بەرزەخ بە راستی ئێوە لە رۆژێکدا کە ناوی رۆژی قیامەتە ، واتە رۆژی هەستانەوەیە لە بەرزەخ بۆ عالەمی قیامەت •• زیندووئەکرێنەوەو راستئەکرێنەوەو سەوق ئەکرێن بۆ مەحشەر ، وە لەو مەیدانی مەحشەرەدا ماوەیێ دەوام ئەکەن ، جا حسێبی بیرو باوەڕو کردەوەتان ئەکرێ‌و هەموو (مکلف)ان بەسەر پردی صیراطا ســەوق ئەکرێن • وە هەرکەس ئەهلی دۆزەخ بێ لە پردی صیراطدا دائەکەوێ بۆ دۆزەخ ، وە ئەوەی کە ئەهلی بەهەشت بێ رائەبوورێ بەسەر پردەکەداو ئەپەڕێتەوە لەسەر ئەو بەیانە کە لە دینا وەرمان‌گرتوە •

(وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَائِقَ ، وَمَا كُنَّـــا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ) (١٧)

وە بۆ ئەوە کە ئێوە بژین بە ژیانی جوانی میانە ، بە راستی دروستم‌کردوە لە لای راسەرتانەوە حەوت ئاسمان کە ئەو ئاسمانانە یـەك لـە ژووری یەکەوەن‌و رێگەی هاتوچۆی فریشتەکانن لە ئاسمانەکانا ، هەروا رێگەن بۆ دەورەدان‌و هەڵسووڕانی ئەستێرەکان هەر یەکێ لەسەر دائیرەیەکی تایبەتی ، وە ئێمە لە پارازتنی ئەم مەخلووقاتی خۆمە غافڵ نابین ، ئەگەرنا ئەگـــەر چاوبڕکەیێ هاتوچۆی ئەم ئەستێرانە لە خەتی خۆیان لابدەن دنیـا وێـران ئـــەبێ •

(وأنْزَلْنا مِنَ السَّماءِ ماءً بِقَدَرٍ، فَأسْكَنَّاهُ فِي الأرْضِ، وإنَّا على ذَهابٍ بِهِ لَقادِرونَ) (١٨)

وە دامانبەڕاندوەو ڕژاندوومانە لە ئاسمانەوە ئاو بە هێزی خۆمانو بە ئەندازەیەکی تایبەتی وە لە زەویدا هێشتوومانەتەوە بە دەریاچە وە یا بە سەرچاوە ، وە ئێمە لەسەر فەوتاندنو ونکردنی ئەو ئاوە تەوانایین یا غەوری بکەین ، وە یاخود کارەساتێ بێنین بەسەر زەویەکەدا کە لە ئەساسا ئەو نەمێنێ •

(فأنْشَأْنا لَكُمْ بِهِ جَنَّاتٍ مِنْ نَخيلٍ وأعْنابٍ ، لَكُمْ فِيها فَواكِهُ كَثيرةٌ وَمِنْها تَأْكُلونَ (١٩) وشَجَرَةً تَخْرُجُ مِنْ طُورِ سَيْناءَ تَنْبُتُ بِالدُّهْنِ وصِبْغٍ لِلآكلينَ) (٢٠)

جا دروستمان کرد بۆتان بەو ئاوە چەن باخو بێستانێ لە داری خورماو ڕەزی ترێ کە هەیە بۆ ئێوە لەو باخانەدا چەن میوەی جۆرجۆر کە لە وەختی خۆیا لێیان ئەخۆن . وە هەم دروستمکردوە بۆ ئێوە دارێکی خاوەن بەری وەها کە دەرئەچێ لە کێوی طووری سینا ، کە ئەو دارە سەوز ئەبێو ئەڕوێ لەگەڵ بەرێکدا کە ئەبێ بە هۆی دەستکەوتنی ڕۆن بۆ ئێوەو ئەبێ بە شتێ کە خواردەمەنی پێ ڕەنگ ئەکرێ ، واتە ئەگەر نەفسی ئەو بەرە بخۆن ئەوە ئەبێ بە هۆی پێخۆر وە ئەگەر ڕۆنەکەیشی بگرن ئەوە بەکاری دێنن لە جێگەی ڕۆنا •

(وإنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعامِ لَعِبْرَةً : نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِها ، ولَكُمْ فِيها مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ ، ومِنْها تَأْكُلُونَ (٢١) وعَلَيْها وعَلى الفُلْكِ تُحْمَلونَ) (٢٢)

وه به راستی هەیه بۆ ئێوه له وشترو مەڕو بزنو گادا وەعزو ئیعتیبارێ دەرزی فام پەیداکردن به نیعمەتەکانی ئێمه یەکەم : دەرخواردی ئێوه ئەدەین لەو شیره سافه پاکه که وا له سکیانا به : شیریو ، فرۆیو ، دەڵەمەیو ، ماستیو ، دۆیو باقی خواردەمەنی ئاوەکی ... دووهەم : بۆ ئێوه هەیه چەن سوودێو نەفعێکی زۆر به راگرتنیانو قازانجوەرگرتن لەسەرەزو موو خوریو کورگی ئەوان ، وه به فرۆشتنی خۆیان وه یا بەچکەی نێرینەیانو کردنیان به حەوتمو قوربانیو دیاری ماڵی خواو ، وه لەسەر پشتی بازێ لەوان وەکو گاو وشتر بێ هەڵدەگیرێن وەکو لەسەر کەشتی هەڵدەگیرێن له دەریادا .

(ولَقَدْ أَرْسَلْنا نُوحاً إلى قَوْمِهِ ، فَقَالَ : يا قَوْمِ اعْبُدوا اللهَ ما لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرُه أَفَلا تَتَّقُونَ ؟) (٢٣)

واته : به راستی حەزرەتی نوحمان به پێغەمەری نارد بۆ لای گەلەکەی خۆی ، جا فەرمووی : ئەی قەومی من عیبادەتو بەندەیی بکەن بۆ خودای تەعالا که ئێوه بێجگه لەو خوداتان نیه ، ئایا هێشتا له خودا ناترسن ؟

(فَقَالَ المَلأُ الَّذِينَ كَفَروا مِنْ قَوْمِهِ : ما هذا إلاَّ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ، يُرِيدُ أَنْ يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ ، ولَوْ شاءَ اللهُ لأَنْزَلَ مَلائِكَةً ! مَا سَمِعْنَا بِهذا فِي آبائِنا الأَوَّلِينَ) (٢٤)

جا کۆمەڵەو قەرەباڵغی پیاوە گەورەکان لە قەومەکەی ئەوانە کە کافرن بە حودای خۆیان وتیان : ئەم کابرایە هەر ئادەمیزادیکی وەکو ئێوەیـــەو خواستی لەسەر ئەوەیە خۆی بە گەورە بگرێ بەسەرتانا ، وە ئەگەر خودا مەیلی ببوایە ئەوە فریشتەی لە ئاسمانەوە ئەنارد بۆ سەرمان ! ئێمە لـــەناو کۆڕی باو باپیرانمانا ئەمانەمان نەبیستوە •

(إِنْ هُوَ إِلاَّ رَجُلٌ بِهِ جِنَّةٌ فَتَرَبَّصُوا بِـــهِ حَتَّى حِينٍ) (٢٥)

ئەم کابرایە پیاوێکە هەندێ شێتی لەگەڵدایە ، جا تۆزێ صەبری لێ بکەن تا ماوەیەك یا ئەمرێ یا عەقڵ ئەگرێ •

(قَالَ : رَبِّ انْصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ) (٢٦)

حەزرەتی نوح لە خودای خۆی پاڕایەوەو فەرمووی : خودایە کۆمەکیم بکەو یارمەتیم بدە بەسەریاناو حەقیان لێ بسێنە بە هۆی ئەوەوە کە باوەڕیان بە ئێمە نەکرد •

(فَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ : أَنِ اصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا ، فَإِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ ، فَاسْلُكْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ ، إِلاَّ مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ مِنْهُمْ ، وَلا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا . إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ) (٢٧)

جا ئێمەیش وەحیمان کرد بۆ لای نوح کە کەشتی دروست بکە لـــە بەرچاوی ئێمەداو لە بەر پارێزی ئێمەدا ، جا کاتێ فەرمانی ئێمە هـــات بۆ

ناردنی ئاوی زۆرو ئاو لە تەنووری ماڵی خۆتانەوە هەڵقوڵی ، بهاوەرە ناو ئەو کەشتییەوە لە هەموو دوانەیێ ــ لە هەموو نێرو مێییَ ــ دوو دانــە . نێرێك‌و مێیەك ، وە هەم ئەهل‌و عائیلەی خۆیشت بخەرە ناو کەشتیەکەوە ، ئەوانە نەبێ کە فەرموودەی من رابوردوە بۆ لەناوبردنیان (وەکو ژنەکەیی‌و کەنعانی کوڕی) وە ئیتر لە هۆی ئەو ستەمکارانەوە نەپاڕێیتەوەو قســـەم لەگەڵا نەکەی ، بە راستی فەرماندراوە بە خنکاندنی ئەوانە •

(فَإِذَا اسْتَوَيْتَ ، أَنْتَ وَمَنْ مَعَكَ ، عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ : الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٢٨)

جا کاتێ تۆ رۆیشتیتە سەر ئەو کەشتیە لەگەڵ ئەوانەدا کە وان لەگەڵ تۆدا ، بڵێ : سوپاس بۆ ئەو خودایە کە رزگاری کردین لەو گـــەلە ستەمکارە •

(وَقُــــلْ : رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلاً مُبَارَكاً وَأَنْتَ خَيْـــرُ الْمُنْزِلِينَ) (٢٩)

وە داوا بکە لە خوداو بڵێ : خودایە دامبەزێنە لەم کەشتیە بۆ شوێنێکی بە فەڕو پیرۆزیی‌و ، تۆ خودایەکی باشترو میهرەبانتری لە هەموو ئەوانە کە یەکێ دابەزێنن لە شوێنێکدا •

(إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ ، وَإِنْ كُنَّا لَمُبْتَلِينَ) (٣٠)

بە راستی هەیە لەم تەدبیرو تەئثیرەدا کە لە لایەنی ئێمەوە کرا بۆ نوح‌و پەیڕەوەکانی وە بۆ گەلە دوژمنەکانی لە دروستکردنی کەشتی بۆ ئەوانو

ڕێکخستنی ئەسبابی هیلاك بۆ ئەمان . چەن نیشانەی گەورە لەسەر ئەوە کە ئێمە دۆستان ئەپارێزین‌و دوژمنان لەناو ئەبەین . وە ئەمە حەقیقەتی بـەلاّو ئیمتیحانە .

(ثُمَّ اَنْشَأْنا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْناً آخَرِينَ) (٣١)

لە پاش گەلی نوح ئەهلی چەرخێکی ترمان دروست کرد کە قەومی عادی قەومی ثەمودن .

(فَأَرْسَلْنا فِيهِمْ رَسولاً مِنْهُمْ : اَنِ اعْبُدوا اللهَ ما لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرُه . اَفَلا تَتَّقونَ ؟) (٣٢)

جا پێغەمەرێکمان لە خۆیان‌و لە نەژادی خۆیان نارد بۆ لایان کە بەندەیی بۆ خودای جیهان بکەن‌و بێجگە لەو خوداتان نیە ، ئایا ناترسن‌و تەرێز ناکەن لە سزای خوداو لە بتپەرستی دەس‌بەردار نابن ؟

(وقالَ الْمَلأُ مِنْ قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقاءِ الآخِرَةِ واَتْرَفْناهُمْ فِي الحَياةِ الدُّنْيا : مَا هَذا إلاَّ بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ، يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبونَ) (٣٣)

جا قەرەباڵغ‌و پیاوە گەورەکان لە گەلی ئەو پێغەمەرە کە هوودە یا صاڵحە ، ئەوانە کە کافر بوون‌و باوەڕیان نەدەکرد بە گەیشتن بـە ڕۆژی

قیامەت‌و زۆر نیعمەت‌و دارابیمان پێدابوون‌و ، خاوەن لەزەتسان کردبوون لە ژیانی دنیادا وتیان : ئەم کابرا کە داوای پێغەمەری ئەکا هەر ئادەمیزادێکی وەکو ئێوەیە : ئەخوات لەوەی ئێوە ئەیخۆن‌و ئەخواتەوە لەوەی کە ئێوە لێی ئەخۆنەوە •

(ولَئِنْ اَطَعْتُمْ بَشَراً مِثْلَكُمْ إنَّكُمْ إذاً لَخاسِرُونَ)(٣٤)

وە وەڵڵاهی ئەگەر ئێوە فەرمانی ئادەمیزادێکی وەکو خۆتان بەجێ‌بێنن‌و بچووکی بکەن لەم کاتەدا ئێوە زیانبارن‌و وان لە خەسارەتا •

(ایَعِدُكُمْ انَّكُمْ إذا مِتُّمْ وكُنْتُمْ تُراباً وعِظاماً انَّكُمْ مُخْرَجُونَ ؟!) (٣٥)

ئایا وادەی ئەوتانە پێ‌ئەدەن کە بە راستی ئێوە لە کاتێدا بمرن‌و ببن بە گڵ‌و ئێسقانی رزیو بە راستی ئێوە لە گۆڕ دەرئەکرێن‌و زیندوو ئەبنەوە ؟!

(هَيْهَاتْ ! هَيْهَاتَ ! لِما تُوعَدونَ) (٣٦)

زۆر دوورە ! زۆر دوورە ! ئەوەی کە وەعدە دراوە بە ئێوە بێتە جێگە•

(إنْ هِيَ إلاّ حَياتُنا الدُّنْيا ، نَمُوتُ ونَحْيـا ومَا نَحْنُ بِمَبْعوثِينَ) (٣٧)

زیندوێتیو ژیان هەر ئەمەی دنیایەو هیچی تر ، لەم دنیادا بازێکمان ئەمرینو بازێکمان لە شوێنا ئەمێنینەوە ، ئیتر بە هیچ جۆرێ پاش مردنمان زیندوونابینەوە • پەنا بە خودا لەم باوەڕە نابارە !

(إِنْ هُوَ إِلاَّ رَجُلٌ افْتَرَى عَلَى اللهِ كَذِباً وَمَا نَحْنُ لَهُ بِمُؤْمِنِينَ) (٣٨)

ئەم کابرایە کە داوای پێغەمەریو فروستادەیی ئەکا لە لای خوداوە بۆ لای ئێمە هیچ نیە پیاوێکی وا نەبێ کە درۆ هەڵئەبەستێ بە دەمی خوداوەو ئەڵێ : خودا وتوویەتی لە پاش مردن ئەو ئادەمیزادانە زیندووئەکەمەوە بۆ پرسیارو بۆ دیاریکردنی شوێنو جێگەیان لە بەهەشتا بێ یا لە دۆزەخدا ، وە ئێمە هەرگیز بۆ پیاوی وا مل کەچ ناکەینو باوەڕی پێ ناکەین •

(قَالَ : رَبِّ انْصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ) (٣٩)

ئەو پێغەمەرەیش پاڕایەوە لە خوداو عەرزی کرد : خودایە یارمەتیم بدە لەسەر تەبلیغاتی خۆمو زاڵم بکە بەسەر ئەوانەدا باوەڕم پێ‌ناکەن بە هۆی ئەوەوە کە بەدرۆم‌ئەخەنەوە •

(قَالَ : عَمَّا قَلِيلٍ لَيُصْبِحُنَّ نَادِمِينَ) (٤٠)

خودای تەعالا لە وەڵاما وەحی بۆ ناردو فەرمووی : پاش ماوەیەکی کەم هەموو ئەوانە پەشیمان ئەبنەوەو حاڵی ئەبن کە لەو سەرپێچیەدا ناحەقییان کرد •

(فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ بِالْحَقِّ ، فَجَعَلْنَاهُمْ غُثَاءً ، فَبُعْداً لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٤١)

جا کوتوپڕ دەنگێکی تریشقەکاری ناهەموار گرتنیو پەردەی دەماخو دڵی دڕینو مراندنیو لە شوێنی خۆیانا کەوتن ، دوایی لەشـــەکانیانمان داڕزاندو کردنمان بە ئاوماڵکی لافاوی بێ مەغزو تاو ، وەها کە با بیانبا ، دەی با هەر دوورکەتنەوە لە مەیدانی میهرەبانیو بەهەشتی جاویدانیو پایەی بەرزی ئینسانی بەشی ئەو گەلە ستەمکارانە بێ •

(ثُمَّ أَنْشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قُرُوناً آخَرِينَ) (٤٢)

پاش ئەو گەلی عادو ثەموودەیش ئەهلی چەن چەرخی ترمان بێجگــە لەوان دروست کرد •

(مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ) (٤٣)

وە هەموو ئەو ئادەمیزادانەمان ئاگادارکرد لەسەر شەریعەتی ئاسمانی بە هۆی پێغەمەرانەوە ، وە هەر گەلێ لەوانە کە پەیڕەوی فەرمانی ئێمەی کردبێ بە پایەی رزگاری گەیشتوون ، وە هەر گەلێ لایاندابێ لە فەرمانی ئێمە لەناومان بردوون ، وە کاتێکی تایبەتیمان بۆ لەناوبردنەکەیان داناوە ، وە هیچ گەلێ لەوان پێش ناکەوێ لەو کاتە کە بۆ لەناوچوونی بڕیاردراوەو هیچ گەلێ لەوان دوا ناکەوێ لەو کاتەی بۆی دیـــاری کراوە • واتـــە کاتی لەناوچوونیان کاتێکی دیاریو روونەو ئاڵو گۆڕی تێدا نابێ •

(ثُمَّ اَرْسَلْنا رُسُلَنَا تَتْرى ، كُلَّمَا جَاءَ اُمَّةً رَسُولُهَا كَذَّبُوهُ ، فَاَتْبَعْنَا بَعْضَهُمْ بَعضاً وجَعَلْنَاهُمْ اَحَادِيثَ ، فَبُعْداً لِقَوْمٍ لاَ يُؤْمِنُونَ) (٤٤)

ئێمە لە دوای ئەوانەیش هەر لەسەر سونەتی خۆمان یەك لە دوای یەك پێغەمەرمان نارد بۆ لای ئادەمیزادان لە هەر چوار دەوری جیهانا ، وە هەر کاتێ پێغەمەرێ لەو پێغەمەرانە کە رەوانەکرابون ئەهاتنە لای گەلەکانیان باوەڕیان پێ نەدەکردنو بەدرۆیان ئەخستنەوە . لەبەر ئەوە ئەوان بانگیان ئەکردن بۆ عەدڵو میانەکاری لە ژیاناو بۆ هەستکردن بە مەسئولییەتو بۆ ناسینی خودا ، وە ئەوانیش هەر لەسەر تەقازای نەفسیو ئارەزووبازیو هەواپەرستی خۆیان دانەدەبەزین ، جا ئێمەیش تۆڵەمان لێکردنەوە ، وە هەندێکمان هێنا بە شوێن هەندێکا لە فەوتاندنا ، وە بە جۆرێ ئەوانم لەناوبرد کردمن بە باسو وتارو پەند بۆ گەلی پاش خۆیانو بۆ گەلی زەمانی خۆیشیان ئەم تۆڵەیشە لەبەر ئەوە بو کە ئیمانیان نەدەهێنا بە خودای جیهان ، دەی با هەر دووری لە کەرەمو میهرەبانی خودا بەشو بارەی ئەوانە بێ کە ئیمان ناهێنن .

(ثُمَّ اَرْسَلْنا موسى واَخَاهُ هارونَ بِآیاتِنَا وسُلْطانٍ مُبِینٍ) (٤٥)

لە پاش ئەوان هاروونو موسای برایسان بە نۆ موعجیزەی مەشهوورو ناسراوەوە نارد ، لە گەڵ ئەوانەیشدا بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرای وەك تەوراتمان دایێ .

(إلى فِرْعَوْنَ ومَلأهِ ، فاسْتَكْبَرُوا وكانُوا قَوْماً عالِينَ)(٤٦)

بۆ لای فیرعەونو کۆمەڵی قیبتی کە دەستەو بەستەی ئەوبوون ، ئەوانیش خۆیان بە زل زانیو دەعوەتی ئەوانیان وەرنەگرتو گەلێکی بەدەمار بوون •

(فقَالُوا : أنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنا وَقَوْمُهُما لَنَا عابِدُونَ ؟!)(٤٧)

وتیان : ئایا ئێمە ئیمان‌دێنینو سەر کز ئەکەین بۆ دوو ئادەمیزادی وەکو خۆمان کە گەلو کۆمەڵەکەیان هەموو خزمەتکاری ئێمەنو ئێمە ئەپەرستن؟!

(فَكَذَّبُوهُما ، فَكانُوا مِنَ المُهْلَكِينَ) (٤٨)

وە بێ باوەڕییان دەربڕی بەرابەر بەوانو لە ئەنجاما ئەمانیش لەو ئادەمیزادانە بوون کە فەرمان‌دراوە بە لەناوبردنیان •

(ولَقَدْ آتَيْنا مُوسى الكِتَابَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدونَ) (٤٩)

وە بە راستی ئێمە تەوراتمان دا بە موسا بە هیوای ئەوە کە ئەو گرۆهی بەنی‌ئیسرائیلیە بەدبەختە سەرسەختە لە پاش ئەو هەموو رەنجو سەرچەنگە کە لە فیرعەونەوە بەسەریانا هاتبوو بیر بکەنەوەو روو بکەنە خوداو باوەڕ بە موسا بکەن •

(وجَعَلْنا ابْنَ مَرْيَمَ وأُمَّهُ آيَةً ، وآوَيْناهُما إلى رَبْوَةٍ ذاتِ قَرارٍ ومَعِينٍ) (٥٠)

وه عیسای کوڕی مه‌ریه‌م‌و مه‌ریه‌می دایکی ئه‌ومان کرد به نیشانه له‌سه‌ر ته‌وانایی خۆمان که مه‌ریه‌م به بێ مێرد منداڵی بو ، وه عیسا به منداڵی‌ی بوو به خاوه‌ن وتاری پیاوانه ، وه له پاشان بوو به ره‌هبه‌رێکی پایه‌به‌رز لــــه جیهاناو جێگه‌مان کردنه‌وه له خاکی پیرۆزداو به‌رزمان‌کردنه‌وه بۆ شوێنێکی به‌رز وه‌کو خاکی (بیت المقدس)بێ‌و شوێنێکی شایاو بۆ قه‌رارگاو ئارامگا له‌به‌ر پیرۆزی مه‌عنه‌وی‌و مادی •

(يا أَيُّها الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّباتِ واعْمَلُوا صالِحاً إنِّي بِما تَعْمَلُونَ عَلِيم" (٥١) وَإنَّ هذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً واحِدَةً ، وأَنا رَبُّكُمْ فاتَّقُونِ (٥٢)

وه ئێمه له زه‌مانی هه‌ر پێغه‌مه‌رێ له‌و پێغه‌مه‌رانه که باسمان کردن بانگم لێ کردوه وتۆمه : بۆ خۆت به یاسای عاده‌تی ره‌هبه‌ران بژی‌و ، بخۆ له خوارده‌مه‌نی حه‌ڵاڵ‌و پاك‌و ئه‌وه‌ی که ئاره‌زووی ئینسانی میانه داوای ئه‌کا ، وه کرده‌وه‌ی باش بکه‌ن‌و ئاگاتان له خۆتان بێ ، به راستی من زانام به ئه‌حواڵ‌و ئه‌خلاق‌و کرده‌وه‌ی ئێوه ، ئه‌گه‌ر حه‌رام بخۆن پێتان ئه‌زانم •

وه ئه‌م ئایینی خوداپه‌رستی‌و هه‌ست به‌مه‌سئولیه‌تی قیـامه‌ته ئایین‌و بیروباوه‌ڕو دینی ئێوه‌یه که یه‌ك ڕێگه‌و یه‌ك شێوه‌یه‌و ، منیش په‌روه‌ردگاری ئێوه‌م ، ده‌ی لێم بترسن‌و له ڕێگه لامه‌ده‌ن •

(فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُراً . كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ) (٥٣)

جا لە پاش ئەوە ئەو دین‌و ئایینەمان دامەزراند بۆ رەهبەرەکەو بۆ گەلەکەیشی ، ئەو گەلە لە پاش پێغەمەرەکان ئەو بیرو باوەڕەی خۆیانیان تێك دا ؛ لە کەم‌و زیادو لە لابردنی بازێکی‌و هێشتنەوەی بازێکی ، وە بوون بە چەن کۆمەڵ ، ئەوەتە جوولەکە بوون بە چەن پارچەو ، گاور بوون بە چەن پارچەو ، موسوڵمانەکانیش ئەبن بە چەن کۆمەڵ لە ئوصووڵی دینی خۆیانا، وە هەر کۆمەڵەو تاقمێ لەو تاقمانە شادمانن بەوەی کە لە لایان هەیە لە بیرو باوەڕا ، وەکو قورەیشەکان ئەوانیش چەن تاقمن‌و هەر تاقمێ بتێکیان هەیەو بەدەوریدا شادی ئەکەن‌و هەڵئەخەنەڕێ •

(فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّى حِينٍ) (٥٤)

دە وازیان لێ بێنە با لەو گێژاوی خۆیانەدا بمێننەوە تا کاتێ لە دنیادا وادەیان تەواو ئەبێ •

(أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُمْ بِهِ مِنْ مَالٍ وَبَنِينَ (٥٥) نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ ؟ بَلْ لا يَشْعُرُونَ !) (٥٦)

ئایا ئەو کافرانە کە دارایی‌و ئەولادیان هەیە لە ئەهلی کیتاب‌و لە کافرانی قورەیش‌و غەیری ئەوانیش گومان ئـــەبەن ئەوەی کـــە من ئەوانم پێ بەرزکردوەتەوە لە دارایی‌و لە ئەولادو ئەیکەم بە هۆی زووپێگەیشتنی قازانج

بۆ ئه‌وان .. ئه‌یکه‌م به‌ هۆی سوودی پاشه‌ڕۆژیان ؟! حاشا قه‌ت شتی وه‌ها نه‌بێ به‌ دڵتانا ! به‌ڵکو هه‌ر شوعووریان نیه‌و نازانن که‌ هۆی هـاتو به‌خته‌وه‌ری ئه‌وان ته‌وحیدی خوداو به‌جێهێنانی ئـه‌وامیری ئـه‌وه‌و دوورکه‌وتنه‌وه‌یه‌ له‌و شتانه‌ که‌ ئه‌و نه‌هی لێکردوون نه‌ك زۆری ئـه‌ولادو ماڵو ، به‌پێچه‌وانه‌یشه‌وه‌ ئه‌ولادو دارایی ئیستیدراجه‌و به‌رزکردنه‌وه‌یانه‌ بۆ ئه‌وه‌ بدرێن به‌ زه‌ویدا .

(إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ (٥٧) وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ (٥٨) وَالَّذِينَ هُمْ بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ (٥٩) وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ (٦٠) أُولَٰئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ) (٦١)

به‌ ڕاستی ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ له‌ بیمی سزای خودا خۆیان ئه‌پارێزن لـه‌ تاوانباری ، وه‌ ئه‌و که‌سانه‌ که‌ باوه‌ڕیان هه‌یه‌ به‌و ئایه‌تانی قورئانه‌ که‌ خودای ته‌عالا ناردوو نیه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆ لای پێغه‌مه‌ر ـ د ـ وه‌ به‌و شـتانه‌یش که‌ خودا کردوونی به‌ ده‌لیل له‌سه‌ر وجوودی خۆی‌و سیفاتی کامیله‌ی‌و دووری له‌ عه‌یب وه‌کو زه‌وی‌و ده‌ریاو دارو گوڵو گیاو هه‌واو به‌فرو بارانو ته‌رزه‌و شه‌ونمو .. ئاسمانو ڕۆژو مانگو ئه‌ستێره‌کانو هاتوچۆیان له‌سه‌ر یاسای که‌مو زۆری ماوه‌ی جووڵه‌ی ڕۆژو شه‌ویان . وه‌ ئه‌و که‌سانه‌ که‌ هاوڕێ بۆ خودای خۆیان بڕیار ناده‌ن ، وه‌ ئه‌و که‌سانه‌ که‌ ته‌سلیم ئه‌که‌ن به‌ موسته‌حه‌ق ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌یده‌ن له‌ صه‌ده‌قاتی‌واجب‌و سوننه‌ت‌و له‌ عه‌ینی کاتا دڵیان له‌وه‌ ئه‌ترسێ که‌ ئه‌وانه‌یان لێ وه‌رنه‌گیرێ‌و به‌ جێگه‌ی خۆیان نه‌درابن ، له‌بـه‌ر

ئەوەیش ئەترسن چونکی ئەزانن بەراستی بۆ لای خودای خۆیان ئەگەڕێنەوەو حسێبو کتێبیان لەسەر هەیە .. ئەمانە ئەو کەسانەن کە پەلە ئەکەن بۆ گەیشتن بە خێراتو بە پایەو مایەی قیامەتو ئەوانەن کە بۆ خێر هەوڵ ئەدەنو پێش ئەکەون .

(ولا نُكَلِّفُ نَفْساً إلا وُسْعَهَا ولَدَيْنَا كِتابٌ يَنْطِقُ بِالْحَقِّ وهُمْ لا يُظْلَمونَ) (٦٢)

وە ئێمە تەکلیف ناکەینو داوا ناکەین لەکەس بیرو باوەڕو کردەوەیێ نەبێ کە لە هێزو تەوانایا بێ ، داوای بەندەیىو بەخشینو سەخاوەتێ کە بە قەی حالی خۆی بێ ؛ دوو رکات نوێژ لە تەنگانەدا بە قەی دە رکاتە لە خۆشیداو ، تاقە نانێ لە گرانیدا بە قەی مەولوودێکە لە هەرزانیدا ، وە لە لای ئێمە کتێبێ هەیە کە (لوح المحفوظ) یا دەفتەری کردەوەی ئینسانە کە بەیانی واقیعو شتی راست ئەکا ، وە ئەو کەسانە وان لە کارا ستەمیان لێ ناکرێ بە ونکردنی کاریان یا بە گوێ نەدان بە جەزایان . حاشا !

(بَلْ قُلوبُهُمْ في غمْرَةٍ مِنْ هـذا ، وَلَهُمْ اَعْمالٌ مِنْ دونِ ذلِكَ هُمْ لَها عامِلونَ (٦٣)

بەڵام دڵی ئەو ئینسانە غافڵانە وا لە خامۆشیو بێهۆشیدا لە دەرکی ئەم راستیە کە پێویستە ئینسانی هۆشیار بیرو باوەڕی راستو کردەوەی باشی بێو بۆ حەق تێکۆشێو ئەوانە کردەوەگەلێکیان هەیە پەستنو کەمترن لە پایەی کردەوەی باشی وەها کە باسمان کرد ، وە ئەوان هەر بۆ ئەو پەستیە هەوڵ ئەدەن .

(حَتَّى إذا اَخَذْنا مُتْرَفِيهِمْ بِالعَذَابِ إذا هُمْ يَجْأَرُونَ (٦٤) لا تَجْأَرُوا اليَوْمَ إنَّكُمْ مِنَّا لاَ تُنْصَرُونَ (٦٥) قَدْ كانَتْ آياتِي تُتْلى عَلَيْكُمْ فَكُنْتُمْ على أَعْقـــابِكُمْ تَنْكِصُونَ (٦٦) مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سامِراً تَهْجُرُونَ) (٦٧)

واته ئه‌و بێهۆشی‌و سه‌ره‌ڕۆیی‌و گوێ‌به‌حه‌ق‌نه‌دانه درێژه‌ی کێشا تا کاتێ که پیاوه گه‌وره‌کان‌و خاوه‌ن نیعمه‌ته‌کانم گرت‌و ، سزام دان‌و گیرۆده‌م کردن ، ته‌ماشا ئه‌که‌ن له کوتوپڕا حاڵیان ئه‌گۆڕێ‌و هاوار ئه‌که‌ن‌و ده‌ست ئه‌که‌ن به پاڕانه‌وه • جا خودا ئه‌فه‌رموێت : ئێمه زۆرمان هـه‌وڵ دا ئێوه گوێتان نه‌دا به ئامۆژگاری ، جا ئیتر هاوار مه‌که‌ن ئێوه له لایه‌نی ئێمه‌وه یارمه‌تیتـــان نادرێ • به راستی له‌مه‌وبه‌ر ئایه‌ته‌کـــانی من ئـه‌خوێنرایه‌وه به‌سه‌رتاناو ئێوه له‌سه‌ر پاژنه‌ی خۆتان هه‌ڵئه‌سووڕانه‌وه‌و ئیعرازتان ئه‌نا له بیستنی ئایه‌ته‌کان‌و فیزتان ئه‌کرد بـه بۆنه‌ی که‌عبه‌تولڵاوه‌و به‌وه کـه ئێوه رائه‌وه‌ستن به خزمه‌تی ئه‌و به‌یته‌و ته‌رکی قورئانتان ئه‌کرد له حاڵێکدا کـه باسی قورئانتان ئه‌کرد به تانه‌لێدانی‌و به نیسبه‌تی بۆ لای غه‌یری خودای ته‌عالا •

(اَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا القَوْلَ اَمْ جاءَهُمْ ما لَمْ يَأْتِ آباءَهُمُ الأَوَّلِـــينَ ؟ (٦٨) اَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُـــولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ ؟ (٦٩) أَمْ يَقولُونَ بِهِ جِنَّةٌ ؟! بَلْ جاءَهُمْ بِالحَقِّ وَاَكْثَرُهُمْ لِلحَقِّ كارِهونَ) (٧٠)

زۆر ته‌عه‌جوب ئه‌کرێ له حاڵی ئه‌و کافرانی قوره‌یشه ! ئایا باش بیریان نه‌کردوه‌ له‌و فه‌رمووده‌ی خودادا که قورئانه هه‌تا باش حاڵی ببن که‌وا حه‌قه‌و

راستە ؟ یا خەیر بە شیاوی تێفکرینی نازانن لەبەر ئەوە کەلامێ هاتوە بۆ لایان کە نەهاتوە بۆ لای باوکو باپیرە پێشینانەکەیان وە بە کەلامێکی غەریب دێتە بەرچاویانو بە خاوەنی نرخی دانانێن؟ یا خەیر لەبەر ئەوە تەماشای ئەو کەلامە ناکەن لەبەر ئەوە کە پێغەمەرەکەیان ناناسنو ئەمان باوەڕ بە شەخسیەتو توانای ئەو ناکەن لەبەر ئەمەیش ئینکاری قورئانەکەی ئەکەن یا ئینکاری پێغەمەرێتی پێغەمەرەکە ئەکەن ؟ یا خەیر ئەڵێن : ئەو پێغەمەرە شێتەو شێتی کاری کردوەتە سەر مێشکی ؟ کە وابێ هەر قسەیێ ئەو بیکاتو هەر کەلامێ کە ئەو داوای ئەوە بکا کەلامی خودایە جێگەی بایەخ نیە !

جا خودا ئەفەرموێت : نە ، نە ئەمانە وا نین بەڵکو ئەو پێغەمەرە بە حەقو بە راستی لە لایەنی خوداوە هاتوە بۆیان ، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵقە حەز ناکەن لە حەق بۆیە حەق ئەدەنەدواوەو باوەڕی پێ ناکەنو باوەڕ بە قورئانەکە ناکەن •

(وَلَوِ اتَّبَعَ الحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ ! بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِذِكْرِهِمْ ، فَهُمْ عَنْ ذِكْرِهِمْ مُعْرِضُونَ) (٧١)

واتە حەق ئەوەیە کە خودا تاقو تەنیا بێو پەیامی پێغەمەران راست بێو محەمەد پێغەمەری خودا بێو ئەو کتێبە دێتە خوارەوە بۆ سەری کەلامی خودا بێ •• وە ئەگەر ئەم حەقە شوێن ئارەزووی ئەوان بکەوتایەو لەگەڵ ئەو خودادا چەن خودایێ تر ببوونایێ ئەوە بە یاسای عەقڵو تەماشای ئیمکانی (تمانع) ئەبوو ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی وا لە ناویانا نەبوونایێ!

وه به یاسای عاده‌تیش که غالب وایه نیزاع له نێوان چه‌ن شه‌ریکا ئه‌بێ ، ئه‌بوایه هه‌میشه دۆخی ئاسمانه‌کان‌و زه‌وی‌و ئه‌و گیانله‌به‌رانه وان له ناویانا ئالۆزو شێواو بوایه وه‌کو له پێشه‌وه به‌یانسان کرد .

خه‌یر ! له‌م بیره ناباره لابده‌ن‌و بزانن خودا تاق‌و ته‌نیایه‌و محه‌مه‌د پێغه‌مه‌ری خودایه‌و ئه‌و که‌لامه‌یش بۆی هاتوه که‌لامی خودایه‌و . بۆیه ئه‌و که‌لامه‌مان نازڵ‌کردوه که ببێ به هۆی بیری باش‌و یادی خوداو ذیکری(لا اله الا الله) ، وه به هۆی ئه‌مه‌وه له دنیادا ناو ده‌ربکه‌ن‌و له قیامه‌تیشا بگه‌ن به ئاسایش . به‌ڵام به داخه‌وه ئه‌وان له‌م قورئانه‌و له‌م زیکره جوانه‌و له‌م بیره باوه‌ڕو ئه‌حکامانه لائه‌ده‌ن‌و پشتی لێ هه‌ڵئه‌که‌ن .

(أَمْ تَسْأَلُهُمْ خَرْجاً ؟ فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ ، وهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ) (٧٢)

یا خه‌یر ئه‌و کافرانه له‌به‌ر ئه‌وه ئیمان ناهێنن که تۆ داوای خه‌راج‌و مه‌سره‌فیان لێ ئه‌که‌ی له‌سه‌ر به‌جێهێنانی واجیباتی ریساله‌ت ؟ خۆ دیاره تۆ داوای ئه‌وه‌یان لێ ناکه‌ی‌و ئه‌وه‌ی که خودا پێت ئه‌دا باشتره له‌وه‌ی ئه‌وان ئه‌یهێنن ؛ چونکی نیعمه‌تی خودا باری له‌سه‌ر دڵ باری سوپاسه‌و خزمه‌تی خه‌ڵق باری له‌سه‌ر ئینسان هۆی سووکی‌و چرووکی‌و مایه‌پووچیه .

وه خودای ته‌عالا له هه‌موو بابه‌تێکه‌وه نیسبه‌ت نادرێ له‌گه‌ڵ که‌سا . وه له بابه‌تی رۆزی‌دانیشه‌وه باشترین رۆزی‌ده‌ره چونکی خۆی رۆزییه‌که‌و رۆزی‌پێدراوه‌که‌ی دروست کردوه‌و ئه‌زانێ چی بۆ حاڵی ئه‌و باشه .

(وإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٧٣)

وە بە راستی بە بێ کولفەتو باری قورس تۆ ئەوان بانگ ئەکەی بۆ گرتنی رێگەی راست کە رێگەی تەوحیدو بەندەیی خوداو راستیە •

(وَإِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ عَنِ الصِّرَاطِ لَنَاكِبُونَ) (٧٤)

وە ئەو کەسانە کە باوەڕ بە رۆژی قیامەت ناکەن لە رێگەی راست لایان داوە •

(وَلَوْ رَحِمْنَاهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِمْ مِنْ ضُرٍّ لَلَجُّوا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ) (٧٥)[1]

ئەگەر ئێمە رەحممان بەو کافرانە بکردایەو ئەو برسێتیو بێنانیەمان لابردایە کە بەسەریانەوە بوو دنیامان بۆ خۆش بکردایەن ئەوە هەر لەو لاریو لادان و بێدینیەدا ئەمانەوە بە سەرگەردانیەوە •

ئەم ئایەتە لە ساڵێکی قاتیو بێنانیدا هاتەخوارەوە ، قاتی وای کردبو لەو خەڵکە مردارەوەبوویان ئەخوارد ، جا (ئەبوسوفیان) هات بۆ لای حەزرەتو وتی : تۆ لەسەر بەیاناتی ئیسلام رەوانەکراوی بە رەحمەت بۆ عالەم •• بۆ دوعا ناکەی ئەم خەڵکە لەم تەنگانە رزگار ببن ؟

(وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُمْ بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ) (٧٦)

وه به راستی ئێمه ئه‌و گه‌له‌مان گرت به سزا (یانی کوشتاری رۆژی به‌در) که‌چی پاش ئه‌وه هیچ ملیان بۆ خودا که‌چ نه‌کردو له‌سه‌ر عه‌نادی خۆیان مانه‌وه • وه له دڵیشیانا نه‌بو که له پاشه‌ڕۆژدا مل بۆ خودا دانه‌وێنن •

(حَتَّى إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَاباً ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ) (٧٧)

هه‌تا کاتێ که ده‌رگایه‌کمان له سزا له‌سه‌ر کردنه‌وه به‌ڵام سزایه‌کی زۆر سه‌خت‌و له کوتوپڕا که‌وتنه سه‌رگه‌ردانی‌و نائومێدی له هه‌موو خێرو ره‌حه‌تیه‌ك •

(وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَا تَشْكُرُونَ) (٧٨)

ئه‌ی ئاده‌میزاد ، وه یا ئه‌ی کافران بیرێ بکه‌نه‌وه بۆ خۆتان له دروستکردنی خۆتان‌و ته‌ئسیری‌په‌روه‌ردگارا ؛ خودای عالەم ئه‌و خودایه که هێزی بیستنی بۆ دروستکردوون بۆ بیستنی ده‌رزو په‌ندی به‌سوودو قسه‌و باس‌و بانگی ئه‌وانه موحتاجن پێتان ، وه هێزی چاوی پێداون بۆ ئه‌وه که ته‌ماشای جیهان بکه‌ن‌و بیکه‌ن به به‌ڵگه له‌سه‌ر وجوودی یه‌زدان‌و له‌زه‌ت وه‌ربگرن له دیمه‌نگای زێباو بۆ خوێندنه‌وه‌ی نووسراوی به قازانج . وه دڵی بۆ دروستکردوون بۆ تێگه‌یشتن له حه‌قیقه‌ت‌و فه‌رقکردن له به‌ینی شتی به‌سوودو بێ‌سوودو چاك‌و خراپدا • که‌چی ئێوه له که‌مێ جارا سوپاسی خودا ئه‌که‌ن •

(وَهُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ) (٧٩)

وە خودا خودایەکە ئێوەی بڵاوکردوەتەوە بە زەویدا لەسەر ئەساسی گەلێ ئەسبابی داعی بۆ بڵاوەکردنتان ، وە لە پاش ئەوە کە مردنو لە گۆڕا شارانەوەو پاش رابوردنی ماوەی (بەرزەخ) بەینی دنیاو قیـــامەت •• گردئەکرێنەوە لە لای خودا بۆ حسابی کردەوە •

(وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ وَلَهُ اخْتِلافُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ، أَفَلا تَعْقِلُونَ ؟) (٨٠)

وە خودا زاتێکی وەهایە زیندەگی دروست ئەکا لە مادەی بێ گیانو ئەیکا بە گیاندارو گیاندار ئەمرێنێ لە کاتی ئاکاما ، وە بۆ ئەوە تەسەڕوفکردن لە عالەما بەمە کە شەوو رۆژ بێن بە شوێنی یەکا ، یا بە گۆڕانیان لە ژمارەی سەعاتی شەوو رۆژا بەوە کە لە قەوسی رۆژ بخاتە سەر قەوسی شەوو بـــە پێچەوانەیشەوە ، بە گوێرەی وەزعی ئیقلیمی نیشتمانو دووری‌و نزیکی‌ی لە مەداری رۆژ ، ئایا هێشتا بیر ناکەنەوە هەتا بزانن دروستکردنی ئـــەم جیهانەو ئەم زەوی‌و ئاسمانەو ئەم رۆژو مانگ‌و ئەســـتێرانەو بڕیاری هاتوچۆیان لەسەر مەداراتی تایبەتی‌و گۆڕانی ماوەی شـــەوو رۆژ بە پێی دوورو نزیکی لە ناوچەی مەداری رۆژەوە پێویستی بە خودایەکی زانای تەوانا هەیەو ئەم ئاثارە جوانانە کە لەبەرچاوی تۆدا بە رێك‌و پێکی دیارن وە درێژەدان بە هاتوچۆی ئەستێرەکان پێویستی بە خالیق‌و پەروەردگاری تەوانا هەیە ؟

(بَلْ قالُوا مِثْلَ ما قالَ الأَوَّلُونَ (٨١) ، قالُوا : أَإِذا مِتْنا وَكُنّا تُراباً وعِظاماً أَإِنّا لَمَبْعوثُونَ ؟! (٨٢) لَقَدْ وُعِدْنا نَحْنُ وآباؤُنا هذا مِنْ قَبْلُ ، إِنْ هذا إِلاّ أَساطِيرُ الأَوَّلِينَ !) (٨٣)

نه‌خه‌یر ئه‌و کافرانه خۆیان له گیانی خۆیاندا هه‌ستو فامێکی رووناکیان نیه هه‌تا به‌ڵگه بێننه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و فیزو ده‌ماری خۆیانه‌و له‌سه‌ر ئه‌و بیرو باوه‌ڕه ناڕه‌وایه ، به‌ڵکو شتێ ئه‌ڵێن وه‌کو ئه‌وه‌ی که پێشوه‌کانیان وتوویانه؛ ئه‌وانه ئه‌یانوت : ئایا ئێمه کاتێ که مردینو بووین به گڵو ئێسقانی تێکه‌ڵ ئایا هێشتا هه‌ر زیندووئه‌کرێینه‌وه ؟! به راستی ئه‌م وه‌عده‌ی زیندوبوونه‌وه به ئێمه ده‌درێ درا به باوكو باپیریشمان . ده ئه‌و واده‌یه هه‌ر گێڕانه‌وه‌ی ئه‌فسانه‌و چیرۆکی پێشوه‌کانمانه ، ئه‌نا راست نینو حه‌قیقه‌تیان نیه !

(قُلْ : لِمَنِ الأَرْضُ ومَنْ فِيها إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ؟) (٨٤)

جا تۆ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست بفه‌رموو به‌و که‌سانه که‌وا به ته‌قلیدی باوكو باپیره‌یان له رێگه لایانداوه‌و ئینکاری زیندوبوونه‌وه‌ی خۆیان ئه‌که‌ن له قیامه‌تا : ئه‌م زه‌ویو ئه‌م گیاندارانه وان له زه‌ویدا موڵکی کێیه‌و کێ دروستی کردوون ئه‌گه‌ر ئێوه زانان ؟

(سَيَقُولُونَ : للهِ ! قُلْ : أَفَلا تَذَكَّرُونَ ؟!) (٨٥)

به راستی ئه‌وان ناتوانن ئینکار بکه‌ن ؛ ئه‌ڵێن : ئه‌م زه‌ویو گیاندارو چی هه‌یه هی خودان . جا کاتێ ئه‌م وه‌ڵامه‌یان دایه‌وه تۆ پێیان بفه‌رموو : که

مادام دان ئەنێن بەمەدا ئیتر بۆچی بیرێ ناکەنەوە هەتا بزانن ئەو خودایە کە ئەمانەی دروستکردوە ئەتوانێ لە پاش مردنیش زیندوویان بکاتەوە •

(قُلْ : مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (٨٦) ؟ سَيَقُولُونَ : لِلَّهِ ، قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ؟) (٨٧)

جا پرسیاریان لێ بکەو بفەرموو : کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانەو کێ خالیقی عەرشی گەورەیە ؟ جا ئەوان لە وەڵامدا ئەڵێن : ئەو ئاسمانانەو ئەو عەرشە هەموو بۆ خودان‌و ئەو پەروەردگاریانە • جا تۆ پێیان بڵێ : دەی بۆچی لە خوا ناترسن ؟ ئەو خودایە عەرشی بەرین‌و گەورەو حەوت ئاسمانی دروست کردبێ ئەتوانێ مردوویش زیندو بکاتەوە •

(قُلْ : مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ ، وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ ، إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ؟ (٨٨) سَيَقُولُونَ : لِلَّهِ ، قُلْ : فَأَنَّى تُسْحَرُونَ ؟) (٨٩)

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرموو ئەوە کێیە کە دەسەڵات‌و گەورەیی‌و دارایی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا کە لە کائیناتایە : لە رووی سەربساتا ، لە زەوی‌و لە ئاسمانا ، وە ئەو پەنای هەموو پەناهاوەرێکی پێ ئەدرێ‌و ، کەس ناتوانێ پەنای کەس بدا لەسەر ئەو ؟ واتە ئەگەر کەسێ لە خودا یاخی ببێ‌و را بکا لە دەستی پەنا بیا بە گەورەیێ لە گەورەکان هەرکەسێ بین ئەوە ئەو کەسە ناتوانێ پەنای ئەو راکردوە بداو لە دەستی خودا رزگاری بکا ، ئەگەر ئێوە بتانزانیایێ ئەو کەسە کێیە زۆر باش بو ،

جا ئەگەر تۆ ئەم پرسیارە بکەی لە وەلامی تۆدا ئەلێن : سەرۆکایەتی هەموو شتێ بۆ خودایەو بەس ، جا پاش ئەو وەلامە بفەرموو : مادام ئەمە وەلامی ئێوەیە ئیتر چۆن جادووتان لێئەکرێو چۆن بیرو باوەڕتان لا ئەدرێ لەو خودایە ئەوەنە تەوانایە بۆ لای ئەو بتانە کە دارو بەردێکی وشــــکی بێ گیانن ؟!

(بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِالْحَقِّ ، وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ) (٩٠)

نەخەیر واز بێنن لەم قسەو باسانەو ئێمە هاتووین بۆ لایان بەوەی کە راستە لە واقیعا وەکو خودا بەیەکناسینو وەعدە بە قیامەتو زیندوکردنەوەی هەموو مردوان ئەوانو غەیری ئەوان ، وە ئەوان کە ئەلێن خودا تەنیا نیەو شەریکی هەیەو ، زیندوبوونەوەی قیامەت نیە بە بێ گومان درۆ ئەکــەنو درۆزنن •

(ما اتَّخَذَ اللهُ مِنْ وَلَدٍ ،وما كانَ مَعَهُ مِنْ إلهٍ ، إذاً لَذَهَبَ كُلُّ إلهٍ بِما خَلَقَ ، ولَعَلا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ ، سُبْحانَ اللهِ عَمَّا يَصِفُونَ (٩١) عَالِمِ الغَيْبِ والشَّهادَةِ ، فتَعالى عَمَّا يُشْرِكُونَ) (٩٢)

حاشا بە قەطعی خودای تەعالا رۆڵەو نەتەوەی بۆ خۆی دانەناوەو ، خودای تری لەگەڵدا نیە ، ئەگەر وەها بوایە ، واتە خودای تر لەگەڵ خودادا بیوایە بە گوێرەی عادەتو یاسای جیهان ئاشووبو شــــۆڕش ئەکەوتــە ناویانەوەو ، هەر خودایێ بەشە مەخلووقی خۆی جیائەکردەوەو ، لەگــەڵ

بەشەکەی خۆیدا ئەڕۆیشت کەناری لە خوداکەی تر ئەگرت‌و ، بازێکیان بەسەر بازێکیانا سەرئەکەوتن‌و ، لەم کاتەدا دەرئەکەوت کە هیچ کام لەوانە خودا نیە ؛ ئەویانە کە ژێر کەوتوە لەبەر دەرکەوتنی لاوازی‌و بێهێزیو ، سەرکەوتوەکەیشیان لەبەر ئەوە ئەگەر هێزی تەواوی ببوایە هەموو جیهانی داگیر ئەکردو بەشی ئەویانی نەئەدا ، کە وایە ئێمە خودا بەدوور ئەگرین لەو صیفەتانە کە ئەوان باسی ئەکەن ، ئەو خودایە کە زانایە بە هەرچی لە ئێمە پەنهانەو هەرچی دیارە لەناو ئەم جیهانە ، وە زۆر بەرزو بەری‌و دوورە لەوانە کە ئەو کافرانە بە شەریکی دائەنێن •

(قُلْ : رَبِّي إمَّا تُرِيَنِّي ما يُوعَدونَ (٩٣) رَبِّ فَلا تَجْعَلْنِي فِي القَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٩٤)

جا ئەی پێغەمەری خۆشەویست بە راستی بزانە ئەگەر ئەو کافرانە ئیمان نەیەنن من تۆڵەیان لێ ئەستێنم ؛ بازێ هەر لە دنیادا دەس ئەکەم بە ئازاردانی‌و بازێ لە قیامەتا،جا تۆ لە خودا بپاڕێرەوە بڵێ : ئەی پەروەردگاری خۆم ئەگەر هەر بڕیارت داوە کە ئەو سزایە دێت بۆ ئەو کافرانە نیشانی منی بدەی‌و نیشانم ئەدەی رەحمم پێبکەو دامەنێ بە یەکێ لەو گەلە ستەمکارەو بمپارێزە ؛ چونکی تۆ سوننەتت وایە کە گەلێکت خستە بەر تۆڵەو قارت لێ‌گرتن پزیسکی ئاگری سزایان ئەگا بە بازێ کەسی تریش •

خودا ئەم یاسایە کە نیشانی خۆشەویستی خۆی داوە بۆ ئەوەیە ئێمەیش حاڵی ببین‌و لە خۆمان بایی نەبین‌و خۆمان بە بێ تاوان دانەنێین‌و ، هاوار بەرین بۆ خودا کە لە هێرشی قاری خۆی بمانپارێزێ‌و لە ناو ریزی کافرو تاوانبارەکانا گیرۆدەمان نەکا •

(وإِنَّا عَلى أَنْ نُرِيَكَ ما نَعِدُهُمْ لَقادِرُونَ) (٩٥)

وه به راستی ئێمه ته‌وانایین له‌سه‌ر ئه‌وه نیشانت بده‌ین ئه‌و سزایه که وه‌عده‌مان پێداوه بۆ کافره‌کان . به‌ڵام به‌جێی نایه‌نین له‌به‌ر دوو شت • یه‌که‌م : تۆ وای له‌ناویاناو هه‌تا تۆ له‌ناویانا بی سزایان نادەم • وه دووه‌م : له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌زانم نه‌ته‌وه‌ی ئه‌وانه له‌مه‌ولا ڕێگه‌ی ئیسلامییه‌ت ئه‌گرنه به‌رو موسوڵمان ئه‌بن •

(إِدْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ . نَحْنُ أَعْلَمْ بِما يَصِفُونَ) (٩٦)

چاری ئه‌و ره‌فتاره ناهه‌مواری ئه‌وانه‌و ئه‌و سه‌رکێشی‌و قسه ناشیرینانه‌یان بکه به یاسایێ که زۆر باشه بۆ ئینسانی سه‌ردارو ده‌عوه‌تکه‌ر بۆ حه‌ق که عیباره‌ته له موداراو ئیستیقامه‌ت له‌سه‌ر ده‌عوه‌ت‌و صه‌رفی نه‌ظه‌رو چاوپۆشی له کرده‌وه‌ی ناباریان هه‌تا خودا مه‌جال ئه‌دا • ئێمه باشتر ئه‌زانین چی ئه‌ڵێن •

(وقُلْ : رَبِّ أَعوذُ بِكَ مِنْ هَمَزاتِ الشَّياطِينِ (٩٧) وأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَنْ يَحْضُرونَ) (٩٨)

وه به پاڕانه‌وه‌وه بڵێ : په‌روه‌ردگاری خۆم په‌نا ئه‌گرم به تۆ له ئیلقائات‌و سیخورمه‌دانی شه‌یاتین له دڵی خۆم‌و له‌وه که خته‌م بده‌ن بۆ ئاشووبکردن‌و عالەم به‌یه‌کادان‌و بێتامڵی‌و بێصه‌بری‌و خۆنه‌گرتن له مه‌یدانی ده‌عوه‌ت‌و بانگکردنی ئاده‌میزاد بۆ ئیسلام •


وە پەنا ئەگرم بە تۆ ، ئەی پەروەردگاری خۆم ، لەوە کە شەیاطینی حازربین لە لای من‌و بە دەورما بێن ، بە تایبەتی لە کاتی قورئان‌خوێندن‌و نوێژکردن‌و ، لە کاتی شادمانی‌و تەنگانەداو ، لە سەرەمەرگاو لە هەر کاتێکا ماوەی وەسوەسەیان زۆر بێ ••• پەنابە تۆ ئەگرم ئەی خودای میهرەبان لەوانــە •

(حَتَّى إذا جاءَ أحَدَهُمُ المَوْتُ قالَ : رَبِّ ارْجِعونِ (٩٩) لَعَلِّي أعْمَلُ صَالِحاً فِيما تَرَكْتُ ، كَلاَّ ! إنَّها كَلِمَــةٌ هُوَ قائِلُها ، وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إلى يَوْمِ يُبْعَثُونَ) (١٠٠)

ئەو کافرانە گەلێکیان ئەمێننەوە لەسەر عەنادو نافەرمانی‌و بێ ئیمانی هەتا کاتێ کە مردن دامێنگیری یەکێکیان ئەبێ‌و نائومێد ئەبێ لە ژیان لەو کاتەدا هاوار ئەکا ئەڵێ : پەروەردگارا بمگێڕنەوە بۆ ژیانێکی ســـاغی تەندروستی بە هیوام کردەوەیەکی باش بکەم ، لە جوملەی ئەوانەدا کــە نەمکردوون‌و تەرکم‌کردوون ؛ وەکو ئیمان‌هێنان‌و نوێژکردن‌و بەجێهێنانی باقی عیبادەت ، وە یاخود بە هیوای ئەوە کردەوەیەکی باش بکــەم بـــە سەرفکردنی ئەو ماڵ‌و داراییە کە بەجێم‌هێشتوون • جا خودای تەعالا بــە توندی لۆمەیان ئەکاو ئەفەرموێت : نە ، نە ، وازبێنن لە بیستنی ئەم قسە یــا لە کردنی ، وە ئەوە هەر قسەیەکە بە دەمیانا دێ‌و لە کانگەی دڵیانەوە نیە ، وە ئەگەر بیش‌گێڕێنەوە بۆ ژیانی عادەتی وەفا بەو قسە ناکەن • وە لــە پشتیانەوە عالەمی (بەرزەخ) هەیە کە گەیشتن بەو عالەمە مانیعە لە گەڕانەوە بۆ دنیاو پێویستە لەو عالەمەدا بمێنێ •

(كأنه) خودا ئەفەرموێت : پاش ئەوە گەیشتوە بە قەراخی قیامەت كە عالەمی (میانجە)یەو كاتی سزای گۆڕی هاتوە •• تازە چاوی ئەپروێنێو ئاگادار ئەبێتەوەو داوای فەرمانبەرداری ئەكا ! حاشا ! •

كـە ئادەم گەیشت بە گێژی دەریـا
مەیـدانی نیـە مـەگــەر بـۆ بریـا
یـانی وا ئـەڵێ : بریـا صەد بریـا
قـەت نەهاتمایـە بۆ چەرخی دنیا !
یـا مـادام هـاتـم ، هـاتـم بوایـە
بیری ئـەم رۆژەم لـە دڵا بـوایـە
دە سەعات بۆ ژین ، سەعاتێ بۆدین
بـۆ ئیطـاعــەتی (رب العــالمین)
ئیســـنە بە راسـتی چـارە بـڕاوم
لـە بـۆ عاقیبـەت مایە ســووتاوم
جـا وا من ئیســـــتە ئەپاڕێمەوە
لـــە لای خـــودادا ئـەلاڵێمـەوە
ئـەڵێم : خودایـە ! بـە میهرەبـانی
تەوفیقمان بـدە بـۆ ڕێی ئینسـانی
ئینسانی پـاكی سـینەو دڵ رووناك
خاوەن بـاوەڕ بێ بـە یەزدانی تـاك
یارمەتیم بـدە لـە ڕێگەی ئیســلام
بگەم بـە مایـەی پیـرۆزی ئەنجـام
بە صـیدقی دینی ئیسـلامی رەهبەر
بـە تكای شــەفیع ، یانی پێغەمەر
بڕژێ بە ســەریا صەلاتو ســەلام
هـەم لەســـەر ئالو یـارانی كیرام



بە کورتی خودای تەعالا ئەفەرموێت : تازە مەیدانی پاڕانەوە نیـەو بەرزەخ وا لە پشتیانەوەو پێویستە لەم بەرزەخەدا دەوام بکەن هەتا ڕۆژێ کە مردوەکان زیندوئەکرێنەوەو ئەنێررێن بۆ (مەحشەر)

یـانی کۆمـەڵگای پـەری‌و ئـادەمی
بۆ ســـەر حســابی دینی عـالـەمی

(فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ (١٠١) ؛ فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٠٢) وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَٰئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ ، فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ (١٠٣) تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ ، وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ) (١٠٤)

واتە کاتێ کە بە فەرمانی خودا فوو کرا بە (صور) ا بۆ زیندوبوونەوەی گیانلەبەرانو بۆ گردبوونەوە لە مەحشەراو بۆ حیسابو کیتابی بیرو باوەڕو کردەوە .. لەو کاتەدا ڕشتەی نەسەبو باوکێتیو ئەولادیو براو خوشکیو مامەو مامۆزایی نامێنێ لای کەس،چونکی ترسو بیمی ئەو وەزعە وەها عالەم دائەگرێ کە برا لە برای خۆی ڕائەکاو ئاگای لە دایكو باوكو ژنو منداڵی خۆی نیەو ، هەرکەسێ لەوانە شانێو کارێو دەردێ داگیری کردوە کـە مەیدانی تەماشای کەس لە لایا نامێنێ . وە لەم کاتەدا کەسیان لە کەسیان ناپرسن هەتا لە مەحشەرا گردئەکرێنەوەو لەو شوێنەدا ڕائەوەستێنرێن ، جا پاش ماوەیێ حەزرەتی فەخری عالەم ـ د ـ ئەڕوا بە سوجدەداو لە خودا ئەپاڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەو عالەمە لەو زەحمەتەدا نەمێننەوەو بانگ بکرێن

بۆ حساب،جا لە لای زاتی خوداوە بانگ‌ئەکرێ، ئەویش سەر بەرز ئەکاتەوەو تکا ئەکاو دەست ئەکرێ بە حسابی کردەوەی عالەم •

ئەم مەقامە بۆ حەزرەت (مقامی مەحسوودە) واتە مـــەقامێکی زۆر بەرزو بالاَ ، وە پایەیەکی زۆر گەورە کە لە ناو هەرچی پێغەمەراندا هەیە ئەو بەر لە هەموو کەس دەس ئەکا بە شەفاعەتکردن •

وە ئەم ئایەتە موناف‌ی نیە بۆ ئایەتی (واقبل بعضهم علی بعض یتساءلون) چونکی ئایەتی ئەم سوورەتە بۆ کاتی سەرەتای فووکردنە بە صوورا لــە پێش حسابکردنا ، وە ئەو ئایەتە بۆ پرسیاری پاش حسابکردنە ؛ وە لە واقیعا لە پاش حساب‌و لە پاش ئەوە کە لەو زەحمەتە رزگار بوون جا هەرکەســێ بروا خزم‌و برادەری خۆی ئەکەوێتە بیرو پرسیار ئەکا لە ئەحوالی •

هەروا مانیع نیە لە شەفاعەتکردنی حەزرەت ــ د ــ بۆ ئەولادی خۆی یا بۆ باقی موسوڵمانان ، وە مانیع نیە لە شەفاعەتی شوهەداو ئەولیاو زانایانی باش‌و باقی پیاوچاکان بۆ خزم‌و دۆست‌و برای خۆیـــان ؛ چونکی ئــەم نەپرسینە بۆ ئەوەڵی کارەو ئەو تکاکاری‌و سوودو قازانجە بۆ کاتێکی ترە ، وەکو لە ئایات‌و ئەحادیثی زۆر ساغ‌و باوەڕپێکراودا وەرگیراون • تەنانەت لە سوورەتی (والطور)دا هەیە کە ئەولادی موسوڵمانە باشەکان مـــادام موسوڵمان بن با کردەوەیشیان کەم بێ •• پایەیان بەرز ئەکرێتەوە بە قەی پایەی باوکەکانیان بۆ ئەوە کە لە یەك جیا نەبنەوەو بە خۆشی رابوێرن •

جا هەرکەسێ کێشانەی بیرو باوەڕو کردەوەو وتاری قورس بێ ، واتە ئەگەر ئەمانەی بە یاسای فەرمانی خوداو پێغەمەرو ئیجماعی ئومەت‌و لەسەر بناغەی عیلم‌و مەعریفەت تەنها لەبەر خودا بووبێ ئەوە ئەو کۆمەڵە رزگارن لە سزاو باری نابار • وە هەر کەسێ کێشانەی ئەوانەی سووك بێ ؛ واتە بیرو

باوەڕو کردەوەی باشی نەبێ ؛ وە یاخود تێکەڵ بن بە شتی ناڕەواوە ئەوە ئەو کەسانە نەفسی خۆیان داوە بە خەسارەت‌و زیانا ؛ چونکی ئەو ئیستیعدادە کە بوویانە زایەیان کردوەو لە شتی بە سوودا سەرفیان نەکردوە، وە هەم هەتا هەتایە لە دۆزەخا دەوام ئەکەن‌و ئاگری دۆزەخ روخساری ئەوان بە زمانەو بڵێسە هەڵئەپڕووزێنێ‌و لە ناو دۆزەخدا بەد شکڵ‌و بەدشێوە بوون، لێویان زل بوە وەکو قەراخی کولێرەی سووتاو ، وە روخساریان بەرزو نزمی تێ‌کەوتوە ، وەکو ئینسانێ بکەوێتە ناو کادانی ئاگرتێبەربوو ، وە مانەوەی ئەوان بەم شێوە لەبەر ئەوەیە خودا ئەیەوێ دەوام بدا بە ئازاردانیان، ئەگەرنا ئینسان بەو جۆرە سووتاندنە لە دنیادا بە ماوەیەکی کەم مەحو ئەبێتەوەو بەرباد ئەبێ •

(اَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ ؟ (١٠٥) قَالُو : رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْماً ضَالِّينَ (١٠٦) رَبَّنَا اَخْرِجْنا مِنْها ، فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ) (١٠٧)

جا لە بارەگای خوداوە بە زمانی فریشتەی فەرمانداروە بانگ ئەکرێ ئەو کافرانە لە دۆزەخدا ئەڵێ : ئایا ئایەتەکانی من نەدەخوێنرانەوە بەسەرتاناو ئێوە بە درۆتان ئەخستنەوە ؟ ئەوانیش ئەڵێن : بەڵێ وابو ، بەڵام ئەوە لە بیری راستەوە نەبوو، سیفەتی رەزیلەی پەستی خۆمان زاڵ‌بووبوو بەسەرمانا، بە جۆرێ کە شەقاوەتی دا بەسەرماناو ئێمە گەلێکی گومڕا بووین • ئەی پەروەردگاری ئێمە لە ئاگری دۆزەخ دەرمان بکەو بمان‌بەرەوە بۆ دنیا ، جا ئەگەر ئێمە جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ کردەوەی پێشوومان‌و

ئایەتەکانمان بەدرۆخستەوەو فەرمانی تۆمان پشت گوێ خست ئەو کاتە ئێمە ستەمکارین •

(قالَ : اخْسَئُوا فِيها ولاَ تُكَلِّمُونَ (١٠٨) إنَّهُ كانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبادِي يَقُولونَ : رَبَّنا آمَنَّا فاغْفِرْ لَنا وارْحَمْنا ، وأنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ (١٠٩) فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيّاً حَتَّى أنْسَوْكُمْ ذِكْرِي ، وكُنْتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ (١١٠) إنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِما صَبَرُوا أنَّهُمْ هُمُ الفَائِزُونَ (١١١)

جا خودای تەعالا لە وەڵامیاندا ئەفەرموێت: بێدەنگ بن، بە بێدەنگیی کزیو سووکی لەناو ئەو ئاگرەداو ، قسەم لەگەڵدا مەکەن ، بە راستی لەمەوپێش تاقمێ لە بەندەکانی من ئەیانوت : خودایە ئێمە ئیمانمان هێناوە بە تۆو بە پێغەمەری تۆ وە لێمان خۆش ببەو میهرەبانیمان لەگەڵدا بکەو تۆ لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری • کەچی ئێوە ئەوانەتان کرد بە شوێنی مەسخەرەو گاڵتەکردن بە جۆرێ ئەو گاڵتەکردنەتان یادی ئێمەی لە بیرتان بردەوەو ئێوە پێئەکەنین بەوان ، جا من ئیمڕۆ سزای ئێوە ئەدەمو پاداشی خەیری ئەوانیش ئەدەمەوە لەبەر ئەوە کە خۆیان گرت لەبەر سزاو گاڵتەو توانجی ئێوەدا ؛ چونکی بە راستی ئەوانن سەرکەوتوو گەیشتوو بە پایەو مایەی پیرۆزی •

(قالَ : كَمْ لَبِثْتُمْ فِي الأرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ؟ (١١٢) قالُوا: لَبِثْنَا يَوْماً أوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَاسْألِ العادِّينَ (١١٣) ، قالَ : إنْ لَبِثْتُمْ إلاَّ قَلِيلاً لَوْ أنَّكُمْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ) (١١٤)

جا خودای تەعالا ، یا فریشتەی فەرماندەر ، فەرمووی بەو کافرانە : چەند ساڵ لە زەویدا مانەوە ؟ ئەوانیش وتیان : بە ساڵ نەماوینەتەوە بەڵکو رۆژێ یا بازێ لە رۆژێ ماینەوەو پر سیاریش لەوانە بکەن کە ئاگایان لێ بوە ئێمە چەندێ لەســەر زەوی ژیاوین • جا خودا ، یا فریشتەکە . فەرمووی : ماوەیەکی کەم نەبێ نەماونەتەوە ، جا کاشکی بتانزانیایە بە ئەنجامی کارتان ، تا ئاوا ئابڕووتان نەچوایەو لە سزای دۆزەخدا گیرتان نەخواردایە •

(أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثـــاً وَأَنَّكُمْ إِلَيْنـــا لَا تُرْجَعُونَ ؟! (١١٥) فَتَعَالَى اللهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ (١١٦) وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللهِ إِلَهـــاً آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْـــدَ رَبِّهِ ، إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (١١٧) ، وَقُلْ : رَبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ وَأَنْتَ خَيْـــرُ الرَّاحِمِينَ) (١١٨)

جا خودای تەعالا لە مەقامی سەرزەنەشدا ئەفەرموێت : ئایـا ئێوە گومانتان وابو کە بە راستی ئێمە ئێوەمان دروســـتکردوە بۆ غـــافڵیو فەرامۆشکردنی هەموو حەقیقەتێ ، هەروا بە بێ سوود ؟ وە گومانتان وا برد کە ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ قیامەت بۆ لای ئێمە هەتا پرسیاری بیرو باوەڕو کردەوەتان لێ بکرێ ؟ زۆر گەورەیە زاتی خودا پادشای واقیعی راستو خاوەن دەست ، وە کەس نیە شایاوی بەندەیی بۆکردن بێ ئەو نەبێ کـــە خوداو پەروەردگاری عەرشی گەورەی خاوەن کەرامەتو خاوەن پایەیە •

وه مادام خودا ئه‌وه‌نده گه‌وره‌و خاوه‌ن سیفاتی که‌ماله هـه‌رکه‌سێ له‌گه‌ڵ ئیعتیراف به زاتی خودا بانگ بکا له خودایه‌کی تر که ئه‌و که‌سه‌یش له راستیدا به‌ڵگه‌یه‌کی نیه له‌سه‌ر خودایی ئـه‌و خودایه ؛ چونکی به‌تـــاڵ ده‌لیله‌که‌یشی به‌تاڵه •• ئه‌وه ئه‌و که‌سه حساب‌و ئه‌ندازه‌ی ســزای له لای خودای خۆیه‌تی‌و ، به راستی ئه‌و که‌سه رزگار نابێ له سزا له به‌ر ئه‌وه که کافره‌و کافره‌کانیش رزگار نابن • جا تۆیش ئه‌ی خۆشه‌ویست بۆ حـــاڵی گیانی خۆت هه‌ر بڵێ : په‌روه‌ردگارا تاوانه‌کان بپۆشه‌و میهره‌بانیمان له‌گه‌ڵدا بکه‌و تۆ میهره‌بانتری له هه‌موو میهره‌بانه‌کان •

سووره‌تي نوور مه‌ده‌نيیه ، ٦٤ ئايه‌ته ، دواى سوره‌تي حه‌شر هاتوه‌ته خواره‌وه ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(سورَةٌ اَنْزَلْناهَا وفَرَضْنَاهَا واَنْزَلْنا فِيها آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ، لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ) (١)

ئه‌مه كه نازلى ئه‌كه‌ين بۆ لاى تۆ ئه‌ى پێغه‌مه‌رى خۆشه‌ويست سووره‌تێكى گه‌وره‌يه كه ناردوومانه‌ته خواره‌وه بۆ ئه‌وه ره‌هنومايى عاله‌مى پێ بكه‌ى بۆ رێگه‌ى راست ، وه ئه‌و ئه‌حكامه‌كه وا له‌و سووره‌ته‌دا فه‌رزمان كردوه له‌سه‌ر هۆشيارانى عاله‌م ره‌فتارى پێ بكه‌ن‌و، چه‌ن ئايه‌تێكى رووناكى بێ شوبهه‌مان تيا داناوه بۆتان‌و ناردوومانه بۆتان به ئومێدى ئه‌وه كه به هۆى ئه‌و ئايه‌تانه‌وه يادى خوداى ته‌عالا بكه‌ن‌و ئاماده بين بۆ ره‌فتاركردن له‌سه‌ر ميزانى ئه‌مرو نه‌هى ئه‌وو فه‌رمانبه‌ردارى بكه‌ن هه‌تا له دنيادا سه‌ربه‌رزو له قيامه‌تا سه‌رفه‌راز بن ٠

موناسەبەی ئەم سوورەتە لەگەڵ سوورەتی (مؤمنين)دا ئەمەیە : کە لە سوورەتی موئمینینا بڕیار دراوە پارازتنی عەورەت لە تاوانباری هۆی رزگاری ئینسانە ، وە لەم سوورەتەیشدا باسی حوکمی پیاوو ژنی تاوانباری زیناکارو بوختان‌کردن لەسەر ژنی پاكو تۆڵەی ئەوەو فەرماندان بە نووقاندنی چاو لە تەماشای نامەحرەم‌و ، ئیجازەخواستن لە خاوەن مـــاڵ لە کاتێکدا بمانەوێ بڕۆینە خانووی کەسێکەوەو ، ئەمر بە راگرتنی (عفة) ئەکا ... کە هەموو ئەمانە لە یەك بابەتن .

جا لەبەر ئەوە کە ئەم سووردتە باسی ئەمانە ئەکا ، وەکو چۆن سوورەتی (مائیدە) باسی ئەحکامی موناسبی پیاو ئەکا ، حەزرەت ـــ د ـــ فەرموویەتی: (علموا رجالكم سورة المائده ، وعلموا نساءكم ســـورة النور) . واتـــە پیاوەکانتان فێری سوورەتی مائیدە بکەن‌و ، ژنەکانتان فێری ســــوورەتی (نور) بکەن .

وە ریوایەت کراوە لە حاریثەی کوڕی (مضرب)ەوە ـــ خ ـــ ئەڵێ : عومەری کوڕی خەطاب ـــ خ ـــ بۆی نووسین کە : فێری ســـوورەتەکانی (نیساء)و (نور)و (ئەحزاب) ببین ؛ چونکی باسی ژنانیان زۆر تێدایە .

(الزَّانِيَةُ والزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ واحِـــدٍ مِنْهُما مِـــأَةَ جَلْدَةٍ وَلا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللهِ ، إنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ،ولْيَشْهَدْ عَذَابَهُما طَائِفَةٌ مِنَ المُؤْمِنِينَ) (٢)

ئەو ژنانە کە زیناکردنیان ثابت بوەو ئەو پیاوانەیش کە زینایان ثابت بو. لە هەرکام لەو دوانە صەد داریان لێ بدەن ، بە عادەت بە توولێ نـــە زۆر

گەورەو نە زۆر بچووك . بەلام مەدەن لە چاویانو لە سەریانو لە جێگەی کوشندەیان ، وە میهرەبانیو بەزەیی نەتان گرێ بەرابەر بەمانە بۆ ئەوە کــە فەرمانی خودا زایە نەبێ ، ئەگەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە خوداو بــە رۆژی پاشەڕۆژ . وە پێویستە کۆمەلێ لە موسولمانان لەو شوێنەدا حازر بن کــە رەکان ئەدەن لە زیناکارەکان ، وە پێویستە چوار کەس یا زیاتر بن بـــە گوێرەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی ــ خ ــ •

لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەمەیە کە زینـــا لە عورفی شەرعا بریتیە لەوە : ئینسانێکی نێرینەی بالغی عاقل بە ئارەزووی خۆی (دخول) بکا بــە (فــەرجی) مێینەیەکی بالغی عاقلدا بە ئارەزووی خۆی ، بە مەرجی ئەوە نە نیکاحو نــە مولكو نە شوبهەی نیکاحو نە شوبهەی مولكلە ئارادا نەبێ • کــەوابێ پیاوێ بروا دوخول بکا بە ژنێ کە مەنکوحەی خۆی بێ بە نیکاحێکی دروست یا (فاسد) ئەوە زینا نیە ؛ چونکی لە نیکاحی فاسیدیشدا کابرا وای زانیوە ژنی مارەبڕی خۆیەتی • هەر وەکوو ئەوەیش بە زینا دانانرێ کــە کابرایەك دوخول بە جاریەی مولکی خۆی بکا ، یاخود بە جاریەیەك کــە گومانی مولکی تێدا بێ بەم جۆرە بە کڕینێکی (فاسد) کڕیبێتی •

هەر وەکو زینا نیە بەیەکگەیشتنی کوڕو کچی نابالغ یا شێت یا کەسێ بە زۆر ئەو کارەی پێ بکرێ • وە لەم قسانەوە دەرکەوت ئەگەر یەکێ بە زۆر ژنێ داگیر بکاو دوخولی پێ بکا ئەوە ئەو پیاوە زیناکارە نەك ژنەکە ؛ چونکی ژنەکە بە زۆر داگیرکراوە •

باسی دوەم : ئەمەیە بۆیە لە ئایەتەکەدا ژنی پێش‌خست لەبەر ئـەوە ئەگەر ژنەکە رازی نەبێ بە هیچ شێوەیێ زینا بۆ ژنەکە نانووسرێ ، وە بە زۆری بۆ پیاوەکەیش رێك ناکەوێ بە زۆر ژنێ داگیربکا ، کەوابێ ژن روکنی گەورەیە لەو تاوانەدا •

باسی سێهەم : زینا ثابت نابێ بە ئیقراری خاوەن رەفتارەکان یاخود بە شایەتی چوار کەس نەبێ ؛ چونکی خودا فەرموویەتی (فاستشهدوا علیهن اربعة منکم) •

باسی چوارەم : ئەو صەد دارە لە لای ئیمامی شافیعی ــ خ ــ ئەبێ حاکمی ئیسلام یا جێگری ئەو بیاندا لە تاوانبارەکە ، وە ئەبێ دارەکە میانە بێ ، وە لە سەرو چاوو جێگەی کوشندە نەدرێ •

باسی پێنجەم : لە مەزهەبی شافیعیدا ــ خ ــ وەکوو ئەو صەد دارەیان لێ ئەدرێ ئەبێ بۆ ماوەی دوازدە مانگ لەو شوێنی خۆیانە دووربخرێنەوە ، بە ئەندازەی مەسافەی قەصر ، واتە هەشتاو دوو کیلۆمەتر ، جـا ئەگەر دوورخراوەکە ژن بو لە شوێنێکی وادا دادەنرێ کە ژنەکە تیایا لە فیتنەی نەفس‌و نامووس پارێزراو بێ •

باسی شەشەم : ئەگەر ئەوانە زیناکەیان کردوە تا ئیستە دارای نیکاحی صەحیح نەبوون‌و لە نیکاحا نەگەیشتوون بەیەك ئەوە حوکمەکەیان صــەد جەڵدەو ساڵێ دوورخستنەوەیە • وە ئەگـــەر پیاوو ژنەکە (محصن)و (محصنة) بن ، واتە پیاوەکە ژنی هێنابێ‌و چووبێتە لای‌و ژنەکەیش شووی کردبێ‌و مێردەکـــەی چووبێتـــە لای •• ئـــەوە کاتێ زینـــایان کـــردو زیناکەیان ثابت بو بە شەرع ئەوە (حد)ی ئەوانە بریتیە لە (رجم) یانی سەنگەسار کردن تا ئەمرن •

وە بەڵگەی ئەمە حوکمی حەزرەتە ـ د ـ بە رەجمکردنی (ماعز)ناوو بە رەجمی ژنێك لە هۆزی (غامد) لە (جهینه) وە حەزرەت ـ د ـ فەرمووی بە (انیس) : (اغد علی امرأة هذا فان اعترفت فارجمها) ، واتە : بڕۆ بۆ لای ژنی ئەم کابرا ئەگەر ئیقراری بە زیناکردن کرد رەجمی بکە •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە حوکمی لیواطەدا (واتە نێرینە بڕواتە لای نێرینە وە یا لە دواوە بڕواتە لای ژنی غەیر) لە ناو ئیمامانی موجتەهیدیندا ئیختیلافی رەئی هەیە ، وە رەئی ئیمامی شافیعی لەو حوکمەدا دوانە ؛ یەکەم ئەمەیە کە لیواطە وەکو زینا وایە ؛ ئەگەر لە غەیرە موحصەنەوە بو ئەوە صەد دارو نەفیو دوورخستنەوەی مەسافەی قەصرە بۆ ماوەی ساڵێك ، وە ئەگەر لە موحصەنەوە بو ئەبێ سەنگەسار بکرێ •

دوەم : ئەمەیە واجبە ئەو خاوەن کردەوانە بکوژرێن (محصن) بن یا (غیر محصن) وە کوشتنەکەیان بەوەیە : یا لە بەرزییەکەوە هەوا بدرێن ، یا دیوارێکیان بەسەردا بڕووخێنرێ ، یا سەریان ببڕن •

باسی دوەم : حوکمی چوونەلای حەیوانات تەعزیرکردنی کابرایەو بەس ، وەکو حوکمی چوونەلای ئینسانی مردوو تەعزیرە ، هەروا حوکمی ئەوە کە دوو ژن خۆیان لەیەك هەڵسوون تا ئاویان دێتەوە ، وە حوکمی (استمنا)یش ، کە راجیح وایە حەرامە ، هەر تەعزیرە ، مەگەر کاتێ وەسیلەی رزگاربوون بێ لە زینا یا لە لیواطە کە لەو کاتەدا دروستە بۆ خۆپارازتن لەو کارە فاحیشانە • هەروا حوکمی چوونەلای ژنی خۆی لە پاشەوە تەعزیرە ؛ چونکە حەرامەو لە حەدیثی شەریفا لەعنەتکراوە لەو کەسە ئەو کارە ئەکا ،

وە بە قیاس لەسەر چوونەلای ژنی خۆی لە کاتی عوزری شـــەرعیدا کە حەیزو زەیسانی‌یە ، لەبەر ئەوە وەکو لە (مقیس علیه)دا پیسی خوێن هەیە لە (مقیس)ەکەیشا پیسی پاشی ژنەکەی هەیە •

باسی سێهەم : حەددی قەذف هەشتا دارەو ، حوکمی شەرابخواردنەوەیش لە چل دارەوەیە تا هەشتا ، وە لەوە بەرەوژوور دروست نیە •

وە ئەم کردەوانە کە حەدیان لەسەرە ثابت ئەبن بە ئیقراری خاوەنەکەی هەرچەن یەك جار بێ ، وە ئەگـــەر ئیقراری نەکردو شـــایەتی لەســـەر راستکرایەوە پێویستە بۆ زیناو لیواطە چوار شایەتی عادل شایەتی بدەن • بۆیە ئەگەر کەسێ قەذفی کەسێکی کرد بە زینـــا یـــا لیواطە ئەگەر چوار شایەتی راست کردەوەو شەهادەتیان دا لەسەر ئەو عەمەلە ئەوە باشە، ئەگەرنا هەشتا داری لێ ئەدرێ ، تەنها لە مەسئەلەی قەذفی پیاو بۆ ژنی خۆیدا نەبێ ئەوە ئەگەر شایەتی نەبو پێویستە (لعان) بکا ، وەکو لەمەولا باس ئەکرێ•

باسی چوارەم : ئەمەیە کەسێ ئەگەر گیرۆدەی ئەم گوناهانە بو چاك وایە داپۆشێ‌و باسی نەکاو لە نێوان خۆی‌و خودادا تەوبەی لێ بکا ؛ چونکی سەتری عەیب باشە بە لای خوداوەو خاوەنەکەی پاداشی هەیە •

(الزَّانِي لا يَنْكِحُ إلاَّ زانِيَةً أَوْ مُشْـــرِكَةً ، والزَّانِيَـــةُ لا يَنْكِحُهـــا إلاَّ زانٍ اَوْ مُشْـــرِكٌ ، وحُـــرِّمَ ذلِكَ عَلى المُؤْمِنِينَ) (٣)

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی بازێ موهاجیری بێ‌ماڵدا کە ویستیان بازە ژنێ بخوازن لەوانە کە مەشهوور بوون بە زیناکردن لەناو خەڵکدا ،

جا خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوەو فەرمووی : پیاوی زیناکاری کافر مارە نەکا ژنێ نەبێ کە زیناکار بێ یا موشریکە بێ • وە ژنی زیناکاری کافر مارەی ناکا پیاوێکی زیناکار یا موشریك نەبێ • وە حەرامە لەسەر موسوڵمان ژنی زیناکاری بەدڕەفتار مارە بکا •

جا کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ئەو کەسانە کە ئەیانویست ئەو ژنانە مارە بکەن دەسبەردار بوونو مارەیان نەکردن ، کە وابو دەرکەوت کە ئەم ئایەتە لە صوورەتی نەفیو خەبەردانەو . لە حەقیقەتا نەهیو ئینشایە • وە پاش ماوەیێ ئەم ئایەتە نەسخ کرایەوە بە فەرموودەی خودا (وانکحوا الایامی منکم) وە (مقید) نەکراوە بە (صالحە) یا (غەیرەصالحە)وە • وە فەرموودەی حەزرەت تەئییدی ئەم نەسخە ئەکا . کە لە وەڵامی پرسیاردا لە مارەکردنی ئەو جۆرە فەرمووی : (أوله سفاح وآخره نكاح ، والحرام لا يحرم الحلال) • واتە : وەختی خۆی ئەو ژنانە حەرام بوونو چوونەلایان بە مارەبڕین دروست نەبو ، بەلام لە دواییدا بوو بە نیکاحو مارەبڕینیان رەوا کرا ؛ چونکی کردەوەی حەرامی ئەو جۆرە ژنانە حەلالی وەکو نیکاحی پێ حەرام نابێ •

(وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً ، وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا ، وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٤) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٥)

وە ئەو کەسانە کە نیسبەتی ئافرەتی حوڕی باڵغی عاقڵی موسوڵمانی پاك لە داوێن‌پیسی ئەدەن بۆ لای زیناو ئەڵێن زینایان کردوە ئەگەر چوار شایەتی

خاوەن عەدالەتیان راست کردەوە لەسەر ئەو کردەوە نابارە ئەوە باشە ، وە ئەگەر چوار شایەتیان نەهێنا لەسەر ئیسباتی ئەو زینایە ئەوە هەشتا داریان لێ بدەن لە حەدی ئەو قەذفەدا • وە لە پاش ئەوە کە دارەکانیان لێدرا ئیتر شایەتییان قەبووڵ مەکەن بۆ هیچ باس و خواستێك هەتاهەتایە • وە ئەوانە بە فاسق ئەناسرێن ، ئەوانەیان نەبێ کە پەشیمان ئەبنەوە لەو قەذفەو لە دوای ئەوە کردەوەی خۆیان باش ئەکەن •• ئەوە بە راستی خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە •

بزانن ! لە تەفسیری ئایەتەکەوە دەرکەوت کە قەذفی کچێکی وەها کە قابیلی موباشەرە نەبێ لەبەر بچووکی ، یا قەذفی شێتێ یا ژنێکی (ذمیە) یا ژنێکی موسوڵمان بەڵام پاك نەبێ لە زیناو زیناکردنی دەرکەوتبێ •• ئەم جۆرە قەذفانە موجیبی حەد نین • بەڵام هەموویان گوناهی گەورەن لەسەر پایە پایەی جیاواز ؛ واتە قەذفی عاقڵ گوناهی زیاترە لە شێت •

بزانن ! خاوەن تەفسیرەکان و موجتەهیدەکان لە مەعنای (استثنا)ی (الا الذین تابوا من بعد ذلك)دا چەن بیری جیاجیان دەربڕیوە ؛ بیری ئیمامی شافیعی ـ خ ـ لەسەر ئەوەیە کە ئەو (استثنا)یە ئەگەڕێتەوە بۆ هەر سێ جوملە پێشوەکان ، واتە قەذفی ژنانی خاوەن ئیحصان بە بێ ئیسباتی ئەو تاوانە بە چوار شاهید ئەبێ بە هۆی ئەوە کە هەشتا داری لێبدرێ و شایەتیی قەبووڵ نەکرێ لە هیچ دەعوایەکداو بە فاسق بناسرێ ، مەگەر کابرا تەوبە بکا لەو قەذفە بە تەوبەیەکی شەرعی ، ئەو کاتە شایەتی قەبووڵ ئەکرێ پاش رابوردنی ماوەی (استبراء) کە ساڵێکەو ، بە فاسق ناناسرێ و دارەکانیشی لێنادرێ ئەگەر لە لایەنی مەقذووفەکەوە یا وەرەثەی مەقذووفەکەوە عەفو بکرێ ؛ چونکی ئەم مەسەلە حەقی ئینسانی تیادا زۆرترە مادام ئەو مەقذووفە ئازادی کرد ئیتر داری لێ نادرێ •

(والَّذِينَ يَرْمُونَ اَزْوَاجَهُمْ ولَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ
إلاَّ اَنْفُسُهُمْ فَشَهادَةُ اَحَدِهِمْ اَرْبَعُ شَهاداتٍ بِاللهِ إنَّهُ لَمِنَ
الصَّادِقِينَ (٦) والخامِسَةُ اَنَّ لَعْنَةَ اللهِ عَلَيْهِ إنْ كانَ مِنَ
الكاذِبِينَ (٧) ويَدْرَأُ عَنْها العَذابَ انْ تَشْهَدَ اَرْبَعَ
شَهادَاتٍ بِاللهِ إنَّهُ لَمِنَ الكاذِبِينَ (٨) ، والخامِسَةَ اَنَّ غَضَبَ
اللهِ عَلَيْها إنْ كانَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٩) ولَوْلاَ فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ
ورَحْمَتُهُ ، واَنَّ اللهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ) (١٠)

ئەفەرموێت : ئەو کەسانە کە نیسبەتی زیناکردن ئەدەن بۆ لای ژنەکانیانو شایەتیان نیە شایەتی بدا لە سەر ئەو تاوانە ، ئەوە بۆ ئەوە کە ئیسباتی ئەو تاوانە بکا پێویستە خۆی چوار شایەتی بدا لای قازیو ، لای کەمی چوار کەس لە لایان حازر بن • بڵێت : شایەتی ئەدەم بە خودا کە من راست ئەڵێم لەوەدا کە نیسبەتی ئەدەم بۆ لای ژنەکەم وەکو زینا بێ • وە ئەگەر ویستی نەفی نەسەبی منداڵەکەیشی بکا هەم لە هەموو شەهادەتەکانیا بڵێ : وە ئەو منداڵەیش کە لە لای ژنەکەیە لە من نیە • وە بۆ جاری پێنجەم بڵێ : وە لەعنەتی خودام لەسەر بێ ئەگەر درۆ بکەم لەم نیسبەتەدا • وە بەم پێنج جوملە زیناکردن ثابت ئەبێ لەسەر ژنەکەی ، جا یا ئەبێ ژنەکە ئەم تاوانە لە خۆی دوور بخاتەوە بە (لعان) یا ئەبێ حەدی بەسەردا جاری بکرێ •

جا ئەگەر ژنەکە ویستی تاوانەکە لەسەر خۆی لاببات ئەبێ چوار جار شایەتی بداو بڵێ : شایەتی ئەدەم بە خودا بە راستی ئەو کابرایە درۆزنە لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من ، وە ئەگەر منداڵیشی بوو بڵێ : ئەو منداڵەیش

کە لەلامە لەو کابرایە • وە بۆ جاری پێنجەم بڵێ : غەزەبی خودام لەسەر بێ ئەگەر ئەو کابرایە راست بکاو راستگۆ بێ لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من •

کاتێ ئەم لیعانە کرا عەقدی نیکاح لە نێوان ئەو ژنو پیاوەدا لە خۆیەوە هەڵئەوەشێتەوەو لەیەك حەرام ئەبن هەتا هەتایەو ، منداڵی ئەو ژنە نیسبەت نادرێ لەو پیاوەو حەدیش لەو ژنە نادرێ •

ریوایەتکراوە لە ئیبنو عەباسەوە ــ خ ــ کە هیلالی کوڕی ئومەییە هات لە خزمەتی حەزرەتا ــ د ــ نیسبەتی زینای دا لە ژنەکەی خۆی وتی : زینای کردوە لەگەڵ شورەیکی کوڕی سەمحادا ، جا حەزرەت ــ د ــ فەرمووی : یا چوار شایەت یا داری حەد ئەدەم لە پشتت ! ئەویش عەرزی کرد : ئەی پێغەمەری خودا کاتێ یەکێ لە ئێمە پیاوێکی بینی بەسەر ژنەکەیەوە بڕوا بگەڕێ بە شوێن شایەتا بێن تەماشای رووداوەکە بکەن بۆ ئەوە شایەتی بۆ بدەن ؟! ئەویش فەرمووی : یا شایەت یا داری حەد بۆ پشتت ! جا هیلال وتی : قەسەم بەو کەسە تۆی بە حەق رەوانەکردوە من راست ئەڵێمو بێگومان خودا ئایەت ئەنێرێتە خوارەوە بۆ ئەوە پشتی من لە حەد بپارێزێ • جا دوای ئەمە جیبریل هاتە خوارەوەو ئەم ئایەتەی هێنا : (والذین یرمون ازواجهم ولم یکن لهم شهداء الا انفسهم •••) •

جا حەزرەت هەستاو ناردی بە شوێن ژنەکەداو ، هیلال هاتو شایەتی خۆی داو حەزرەت ئەیفەرموو : بە راستی یەکێ لە ئێوە درۆ ئەکات ، ئایا کەستان تەوبە ئەکات ؟ وە پاش ئەم قسە ژنەکەیش راستەوە بوو چوار شایەتیی خۆی تەواو کرد • کاتێ گەیشتە شایەتی پێنجەم ژنەکەیان ماتڵکردو پێیان وت : ئەم شایەتیە ئەبێ بە هۆی هاتنی قاری خودا ، ژنەکە

کەمێ خۆی گرتو گەڕایەوە دواوە تا گومانمان برد کە لەو شایەتیانە پەشیمان ئەبێتەوە • جا ژنەکە هات وتی : من گەلەکەی خۆم رسوا ناکەم تا رۆژی قیامەتو شایەتی پێنجەمیشی تەواو کرد •

جا حەزرەت فەرمووی : بڕوانن بۆ ئەو ژنە ، ئەگەر منداڵێکی لێ داکەوت کە چاوڕەشی بێ‌سورمە بو ، رانی پڕبوونو ، لاقەکانی ئەستوور بوون ئەوە ئەو منداڵە لە شورەیکی کوڕی سەمحایە • وە کاتێ ئەو ژنە منداڵێکی بوو لەسەر ئەو شێوە کە حەزرەت بەیانی کردبو حەزرەت فەرمووی : ئەگەر لە ئایەتا نەبوایە کە بەو شەهادەتانە ئەو ژنە لە سزای حەد رزگاری ئەبێ شتێکم پێ ئەکرد • واتە حەدی زینام لێ ئەدا •

وە ئیبنو عەباس ـ خ ـ لە ریوایەتێکی تردا ئەمەیشی لێ زیاد کردوە ئەفەرموێ : جا حەزرەت حوکمی دا بەوە ئەو منداڵە بۆ ژنەکەیەو پەیوەندی بە هیلالەوە نیە • وە ئەو دوو کەسە کە لیعانەکەیان کرد لە یەکی جیاکردنەوە• وە سونەت رابورد لە میراتا کە ئەو منداڵە میرات لەو ژنە بگرێو ئەو ژنەیش میرات لەو منداڵە بگرێ ئەوەی خودا بڕیاری داوە •

وە ئەگەر فەزڵو رەحمەتی خوداتان لەسەر نەبوایە کە خودا تەوبە وەرئەگرێو میهرەبانەو تاوان ئەبەخشێ •• ئابڕووی ئەبردن بە هۆی خۆنەگرتنتانەوە لە دەربڕینی عەیبی ترداو . سزایشی ئەدان بە بۆنەی شوومی تاوانبارەکانتانەوە . بەڵام خودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

(إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ ، لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ ، بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ ، لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ ، وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ) (١١)

بە راستی ئەو کەسانە کە درۆ گەورەو ناهەموارەکەیان هەڵبەست کۆمەڵێ بوون لە ئێوە ، وەکو سەرۆکی مونافیقەکان عەبدوڵڵای کوڕی (اُبَیّ)ی کوڕی سەلوولو چەن کەسێ کە لەگەڵیا بوون. گومان مەبەن کە ئەو درۆهەڵبەستنە شەڕ بو بۆ ئێوە ، بەڵکو زۆر باش بو بۆتان : لە لایەکەوە کەفارەت بو بۆ گوناەو لە لایەکەوە بەرزکردنەوەی پایەتان بو ؛ چونکی بەو هۆوە هەژدە ئایەت لە لایەنی خودای تەعالاوە هاتنەخوارەوە لە باسی پاکیی ئێوەدا .

ئەم خیطابە لە لایەنی خودای تەعالاوە بۆ حەزرەتو ـ د ـ ئەبوبەکری صدیقو عائیشەی دایکی موسوڵمانان ـ خێزانی پێغەمبەر ـو صەفوانە . کە جەڵەوکێشی وشتری عائیشەبو لەو ڕۆژەدا گومانیان خستە سەر . وە بۆ هەر یەکێ لەو درۆزنانە بەشی خۆی هەیە لە گوناەو تاوانباری کە بەو دەنگو باسە نایەیەکەوە بۆ خۆی ، وە بە تایبەتی ئەو کەسەیان کە کێشی تاوانەکەی هاویتە سەر شانی خۆیو سەرۆکایەتی درۆبڵاوکردنەوەکەی دەکرد کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول بو گوناەو تاوانێکی گەورە بڕیار درا ؛ چونکی یەکەم کەسێ کە دەستی کرد بە دروستکردنی ئەو بوختانەو بۆ بڵاوکردنەوەی تێکۆشی ئەوبو .

(لَوْلا إذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ المُؤْمِنونَ والمُؤْمِناتُ بِأنْفُسِهِمْ خَيْراً ، وقالُوا : هذا إفْكٌ مُبِينٌ !) (١٢)

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابارەتان بیست پیاوو ژنە موسوڵمانەکان گومانی پاکیو ئەدەبیان نەبرد بە خۆیانو نەیانوت : ئەم درۆیە درۆیەکی ناهەموارە ؟ ئایا نەیانئەزانی کە خودای تەعالا هەر ژنێ

هەڵبژێرێ بۆ پێغەمەری خۆی ئەبێ پاکو بەرزو دوور لـە پەسـتی خوو رەوشت بێو نەیانئەزانی بوختانێ بناغەی بە دەستی مونافیق دانرابێ بێ جێو بێ بناغەیە ؟

(لَوْلا جَاؤُا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهداءَ ! فإذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولائِكَ عِنْدَ اللهِ هُمُ الكَاذِبونَ) (١٣)

ئەوە ئەو درۆهەڵبەستانە بۆچی لە ناو سوپایەکی گەورەی وەهادا چوار شایەتیان نەهێنا لەسەر سەلماندنی ئەو درۆیە ؟ وە بۆچی جگـە لە سەرۆکی مونافیقەکان کەس سەرۆکی ئەو بوختانەی نەکرد ؟ جا مادام شایەتیان نەهێنا ئەوە ئەوانە لە لای خودا درۆزنن •

(وَلَوْلاَ فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيا والآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي ما أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذابٌ عَظِيمٌ) (١٤)

وە ئەگەر فەزڵو رەحمەتی خودا لەسەر ئێوە نەبوایە بە گەلێ نیعمەتو، تەوفیقدانتان بۆ تەوبەکردن ، وە لە قیامەتا بە عەفوکردنو تاوانبەخشین ، بە راستی سزایەکی گەورە لێی‌ئەدان بە هۆی ئەو درۆ نابارەوە کە دروستتان کردو دەمتان تێ‌ژەندو بڵاوتان کردەوە •

(إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْواهِكُمْ ما لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ،وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّناً وَهُوَ عِنْدَ اللهِ عَظِيمٌ) (١٥)

ئەو سزا گەورە کە لە لایەنی خوداوە ئەهات بۆتان لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابارە لە ناو خۆتانا بڕێکتان وەری ئەگرێ لە بازێکتانو بە دەمتـــان درۆیێ ئەجاوونو بە زمان ئەیلێن ئەوەی کە عیلمتان پێی نیە نە لە ڕێگەی ئیحساسەوەو ، نە لە ڕێگەی هەواڵی ئینسانی راسالەوەو ، نە لـــە ڕێگەی عیلمو ئیستیدلالەوە ، وە جاوینی ئەو قسانەیش بە شتێکی سووك ئەزانن کەچی ئەمە لای خودا تاوانێکی زۆر گەورەیە ؛ چونکی بوختانە بۆ شەخسی پاكو ، رەخنـــەگرتنە لـــە خانـــەدانی رەهبـــەریی لـــە عالەمـــداو ، مەیدان گوشادکردنەوەیە بۆ کافرانو مونافیقانو بلاوکردنەوەی تانەیە بۆ ئەو کەسانە لە رەخنە ئەگەڕێن لـــە پاشەڕۆژاو بە تایبەتی ئازاردانی دڵی پێغەمەری خودایە •

(ولَوْلاَ إذْ سَمِعْتُموهُ قُلْتُمْ : مَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَتَكَلَّمَ بِهذَا ، سُبْحانَكَ ! هذا بُهْتانٌ عَظِيمٌ !) (١٦)

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابارەتان بیست نەتانوت : قەت شیاو نیە ئێمە کە قسەی وەها نارەوا بە زمانمانا بێت ، خودایە پاکیو بێ عەیبیی هەر بۆ تۆیە وە ئەمخەبەرە بەدئەمەرە بوختانو درۆهەڵبەستنێکی گەورەیە ؟

(يَعِظُكُمُ اللهُ أَنْ تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أبَـــداً إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٧) ويُبَيِّنُ اللهُ لَكُمُ الآياتِ ، واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)(١٨)

خودای تەعالا ئامۆژگاریتان ئەکاو پەندتان بۆ دائەداو مەنعتان ئەکا لەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر دروستکردنو هەڵبەستنی درۆیەکی وێنەی ئەم

درۆ ناباره هەتا ماون لە جیهانا ئەگەر بە راستی خاوەن ئیمانن • وە خودا ئایاتی ئیرشادو تەربیەو تەئدیبتان بۆ رەوانە ئەکاو بۆتان روونالك ئەکاتەوەو خودا زانایە بە ئەحوالو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا •

هەلئەگرێ کە لە جوملەی حیکمەتەکانی بێ لەم جۆرە کارەساتە کە روو ئەدا لە خانەدانی گەورە بێدارکردنەوەی ئەهلی ئەو خانەدانەیە لەوە کە دوژمن هەمیشە وەکو مارو سەگی لانگرو گورگی هار خۆیان ئامادە کردوە بۆ رەخنەگرتنو عەیب بلاوەکردنو ، زۆر واجبە خانەدان هەتا بەرزتر بێ زۆرتر بڕوانێ بە وردی بۆ بەرو داوێنەی خۆیو بۆ دەستەو بەستەی خۆیو خۆی بپارێزێ لە موناfیقان نەکا تووشیان بکەن •

(إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ، وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) (١٩)

بەراستی ئەو کەسانە کە حەز ئەکەن باسی کردەوەی ناشیرین بلاوبێتەوە لەناو خاوەن باوەڕەکانا ئەوانە سزای ناهەمواری خاوەن ئازاریان هەیە لە دنیاو قیامەتا ، هەرچی وەکو دنیا بەوە کە خودا سووکیان ئەکا وەکو ئەوان حەز ئەکەن کە موسولمانان سووكو رسوا بین ، وە هەرچی وەکو قیامەتیش ئەوە بەو سزاو ئازارە کە خودا خۆی ئەیزانێ ، وەکو خۆی فەرموویەتی : خودا خۆی بە ئەحوالی خەلك ئەزانێ کە کێ حەز لە هێمنی ناو موسولمانان ئەکاو کێ حەز بە بشێوەو سووککردنی رەهبەرو پەیڕەوانی ئەکا •

(وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ ، وَأَنَّ اللَّهَ رَؤُفٌ رَحِيمٌ) (٢٠)

ئەگەر فەزڵو رەحمەتی خودا لەسەر ئێوە نەبوایە (بالذات) لەبـــەر وجوودی پێغەمەر ــ د ــ لە ناوتانا ، وە ئەوە نەبوایە کە خودا لە زاتی خۆیا میهرەبانو خاوەن رەحمەتە کەستان رزگار نەدەبوون ، واتە لەوانە کـــە حەزیان کردوە بە بڵاوەبوونی ئەم قسە درۆیە لە ناو عالەما •

(یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا لا تَتَّبِعُوا خُطُواتِ الشَّیْطانِ ، ومَنْ یَتَّبِعْ خُطُواتِ الشَّیْطانِ فَإِنَّهُ یَأْمُرُ بِالفَحْشاءِ والمُنْکَرِ ، ولَوْلاَ فَضْلُ اللهِ عَلَیْکُمْ ورَحْمَتُهُ ما زَکَی مِنْکُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَداً ، ولکِنَّ اللهَ یُزَکِّي مَنْ یَشاءُ واللهُ سَمِیعٌ عَلِیمٌ) (٢١)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە شەیتان گەلێ هەنگاو ئـــەنێ بۆ تێکدانی دینی ئیســـلام بـــەوە کـــە خەڵك هەڵئـــەنێ بۆ جەنگکردن لەگەڵ موسوڵماناناو تێئەکۆشێ بۆ ئەوە جیـــاوازیو ناکۆکی بخاتـــە نێو موسوڵمانانەوەو ، بۆ ئەوە کە عەیبداریان بکاو سووکیان بکا لە بەرچاوی خەڵکا •• جا ئێوە مەکەونە شوێن شەیتانو هەنگاوەکانی ، وە هەرکەسێ شوێن هەنگاوی شەیتان بکەوێ ئەوە ئەکەوێتە ناو ئەو کارانەوە کە زۆر ناپەسەندو ناشیرینن ؛ چونکی شەیتان یاسای وایە هەر فەرمان ئەدا بـــە کاری زۆر خراپو ناپەسەند ، وە هەرکەسێ شوێن ئەو بکەوێ وەهـــای بەسەر دێ • وە تا ئیستە هەرچی رابورد وا رابورد ، خودا چاوپۆشی ئەکا، وە ئەگەر میهرەبانی ئەوتان لەسەر نەبوایە بەوە کـــە تەوفیقتان بـــدا بۆ پەشیمانبوونەوە لە گوناح هیچکەسێ لە ئێوە لە چڵکی تاوانبـــاری پاك نەدەبووەوە ، وە خودا بیسەرە بۆ وتاریانو زانایە بە رەفتاریان ، بەڵام خودا ئارەزووی پاککردنەوەی هەرکەسێکی ببێ پاکی ئەکاتەوە •

ریوایه‌ت‌کراوه : مه‌سطه‌ح‌ناو پوورزای ئه‌بوبه‌کری صدیق . ئه‌ویش یه‌کێ بو له‌وانه که له بلاوکردنه‌وه‌ی ئه‌و درۆ ناباره‌دا ده‌ستی هه‌بو ، له‌سه‌ر ئه‌وه حه‌زره‌تی ئه‌بوبه‌کر سوێندی خوارد ئیتر یارمه‌تی مه‌سطه‌ح نه‌دا . جا خودا ئه‌بوبه‌کری له‌م کاره مه‌نع‌کردو فه‌رمووی :

(ولا يَأْتَلِ أُولُوا الفَضْلِ مِنْكُمْ والسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا اولِي القُرْبى والمساكِينَ والمُهاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللهِ ، ولْيَعْفُوا ولْيَصْفَحُوا ، أَلا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَكُمْ ؟ واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٢٢)

با ئه‌وانه‌ی که خاوه‌ن پایه‌ن له دیناو خاوه‌ن مایه‌ن له دنیادا سوێند نه‌خۆن له‌سه‌ر ده‌سبه‌رداربوونیان له خزمه‌تکردنو ماڵ دان به خزمه‌کانیان ، وه به‌وانه له مه‌که‌وه کۆچیان کردوه بۆ مه‌دینه له رێگه‌ی خودادا بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی دینی خودا ، وه با چاوپۆشی بکه‌ن له‌و تاوانه که کردوویانه ، ئایا ئێوه حه‌ز ناکه‌ن خودا بتان‌به‌خشێ له تاوانی خۆتان له‌سه‌ر ئه‌م چاوپۆشی ئێوه له‌وان ؟ وه خودای ته‌عالا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که ته‌وانایه له‌سه‌ر تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه له تاوانباران ئه‌یانبه‌خشێ ، ده‌ی ئێوه‌یش له‌سه‌ر ئه‌م یاسا باشه‌ی خودا ره‌فتار بکه‌ن .

ریوایه‌ت‌کراوه : کاتێ حه‌زره‌ت ـ د ـ ئه‌م ئایه‌ته‌ی خوێنده‌وه به‌سه‌ر ئه‌بوبه‌کری صدیقدا ـ خ ـ ئه‌بوبه‌کر وتی : (بلى أُحِبُّ) واته : به‌ڵێ حه‌ز ئه‌که‌م خودا له تاوانه‌کانم خۆش ببێ . وه ئه‌و یارمه‌تیه که ئه‌یدا به مه‌سطه‌حی پوورزای بۆی گه‌ڕانده‌وه .

(إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ، وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٢٣) يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٢٤) يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ ، وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ) (٢٥)

بە راستی ئەو کەسانە کە نیسبەتی زینا ئەدەن بۆ لای ژنانی خاوەن عیفەتو خاوەن شەرمو حەیاو داوێن‌پاك وە بێ‌ئاگا لەو کارە نابارە کە نیسبەت دراوە لێیان وە خاوەن ئیمان بە خوداو پێغەمەر •• ئەوانە لەعنەتو نەفرینیان لێ ئەکرێ لە دنیاو قیامەتا و ، سزاو ئازارێکی گەورەیان بۆ هەیە لەو رۆژەدا کە زمانو دەستو پێیان شایەتییان لێ ئەدەنو لێیان دێنەدەمو بە قودرەتی خودا قسە ئەکەن لەسەر خاوەنەکانیانو راستی ئەو کردەوانە ئەڵێن کە کردوویانن لەو رۆژەدا خودا پاداشی تەواوی ئەوان ئەداتەوەو ئەوانیش بە (علم اليقين) ئەزانن خودا یەکەو حەقەو خاوەن گەورەییو کەمالی بێ شوبهەیە •

(الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ ، وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ ، أُولَٰئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ ، لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ) (٢٦)

ژنانی بەدڕەوشت بۆ پیاوانی پیسی بەدڕەوشتە ، پیاوانی پیس بۆ ژنانی پیسن ، وە ژنانی پاك بۆ پیاوانی پاکن ، وە پیاوانی پاك بۆ ژنانی پاکن • واتە داوێن‌پاك ــ داوێن‌پاك مارە ئەکا ، وە داوێن‌پیس داوێن‌پیس ،

وە ئەم ئینسانە پاکانە وەکو حەرەمانی حەزرەت بێ بەریو پاکن لەو جۆرە وتارە نابارانە کە ئەو بەدکارانە هەڵیانبەستوە ، وە ئەم پاکانە پایەیان بەرزە لە دنیاو لە قیامەتا وە لە بەهەشتا ماوایان باڵایە .

خودای تەعالا چوار ئینسانی بەڕێزی پاك کردوەتەوە لە شوبهەو بەدگومانی نامەردان بە یاسای کەرامەت :

حەزرەتی یوسفی پاك کردەوە لە شوبهەی خەیانەت بە شەهادەتی منداڵێکی بەربێشکەی پاك .

حەزرەتی موسای پاك کردەوە لە شوبهەی عەیبی عەورەت بە (بەردێ) کە لە کاتی خۆشۆرینی موسادا جلەکانی فڕاندو کەوتە تلبوونەوە تا دوورکەوتەوەو حەزرەتی موسا بە رووتی رای کرد بە شوێنیاو گیانی دەرکەوتو زانرا کە بێ عەیبە .

وە حەزرەتی مەریەمی پاك کردەوە بە شایەتیی عیسا ـ د ـ لە کاتی حەوتەو چلەدا .

وە حەزرەتی عائیشەی پاك کردەوە لە توهمەتی خەیانەت بەم ئایەتانە . لە ئایەتی (ان الذین جاؤا بالافك ...) هەتا ئاخری ئەم ئایەتە کە ئیستە باسی ئەکەین .. لەبەر بەرزکردنەوەی خانەدانی پێغەمەر ـ د ـ جا رەحمەت لەو کەسە فەرمووی :

پاکی (حمیراء) دەرکەوت بێ صەدا
شـــازدە ئایەتی بۆ هات لای خـودا
خوا شـــادەتی دا بۆ صـەدیقەکەی
ڕوورەشـــی مـاوە بـۆ (ابن ابی)

بوخاری‌و موسلیم‌و ترمذی ـ خ ـ ریوایەتیان کردوە لە عائیشەوە ـ خ ـ فەرمورویەتی : حەزرەت عادەتی وەها بوو کاتێ بڕۆشتایە بۆ سەفەرێ قورعەی ئەخست لە بەینی خێزانەکانیا ، قورعە بـە ناوی هەرکامیانەوە دەربچوایێ ئەو خێزانەی لەگەڵ خۆیا ئەبرد بۆ ئەو سەفەرە • وە لەسەر ئەم یاسایە قورعەی خست لەناومانا بۆ سەفەری غەزایەك (واتە غەزای بنی مصطلق) وە قورعـە بە ناوی منەوە دەرچو ، وە لە خزمەتیا رۆیشـتم بۆ ئەو غـەزایە • ئـەم سەفەرەیش پاش ئەوە بوو کە ئایەتی حیجاب هاتبوە خوارەوە بۆ حەرەمەکانی پێغەمەر ـ د ـ لەبەر ئەمە من بە حیجابەوە لەناو کەژاوەیەکدا هەڵئەگیرام‌و دائەبەزێنرام بە کەژاوەکەوە لە وشتر •

حەزرەت ـ د ـ لەو غەزایە گەڕاوەو گەیشتینە نزیکی مەدینە ، لەوێدا لە شەودا بانگ کرا لە خەڵك بۆ بارکردن‌و رۆیشتن ، وە من لەو کاتەدا رۆیشتم بۆ قەزای حاجەت‌و دوورکەوتمەوە لە قەرەباڵغی ئەو سوپایە • کاتێ کە قەزای حاجەتم کرد هاتمەوە بۆ لای شوێنەکەی خۆم ، تەماشام کرد ملەوێنکەکەم بچڕاوەتەوەو چەن دانەیەکی لێ داکەوتوە ، منیش مەشـغووڵ بووم بـە چنینەوەیان‌و لە کەژاوەکەم بێ ئاگا بووم ، تمەز ئەوانە کە خزمـەتی ئێمەیان ئەکرد هاتوون کەژاوەکەیان ناوەتە سەر وشترەکەم وە وایان زانیوە من وام لە ناویاو بێ‌ئاگان لەوە کە من نیم لە کەژاوەداو رۆیشتوون •

کاتێ ملەوانەکەم بە تەواوی دۆزییەوە هەستام رۆیشتم بۆ شـوێنی سواربوونم ، تەماشام کرد کەسی تیا نەماوە منیش بە ناچاری لە جێگەی خۆما دانیشتم‌و گومانم وابوو ئەو رەفیقانەم ئاگادار ئەبن لەوە کـە من نیم لـە کەژاوەکەداو ئەگەڕێنەوە بە شوێنما •

کەمێ مامەوە لەو شوێنەداو خەوم پیاکەوت ، کە چاوم کردەوە صەفوانی کوڕی موعەطەلی سولەمیی ، کە لە پاش سوپاکەوە بو هات گەیشتە نـزیکی

شوێنەکەی من ، کە لە دوورەوە چاوی کەوت بە قەوارەی ئینسانێکی نوستوو چاوی پێم‌کەوت‌و ناسیمی ، وتی : (انا لله وانا اليـه راجعون) منیش خۆم داپۆشی . وەڵڵاهی یەك کەلیمە قسەی لەگەڵ نەکردم‌و لەو (ئایەتە) زیاترم لێ نەبیست ، هەتا وشترەکەی لە لاما یخ داو منیش سواری وشترەکە بووم‌و ئەویش وشترەکەی رائەکێشا هەتا گەیشتین بە سوپاکەمان . پاش ئەوە کە خستبوویان لە گەرمای نیوەڕۆدا • جا ئیتر تیاچوو ئەو کەسەی تیاچو . وە ئەو کەسە کە سەرچۆپی درۆو بوختانەکەی کرد عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بو •

جا گەیشتینەوە مەدینەی مونەووەرەو من نەخۆش کەوتم ، مـاوەی مانگێ نەخۆش بووم ، وە من ئاگام لێ نیە خەڵك لە ناو خۆیانا باسی ئـەو بوختانە ئەکەن ، بەس ئەوەندە ئەزانم حەزرەت ـ د ـ ئەو میهرەبانی جارانەی نەبوو لەگەڵما • جاربەجار ئەهاتە دەرگای ماڵەکەم‌و سـەلامی لێ‌ئەکردم‌و ئەیفەرموو : نەخۆشەکەتان چۆنە ؟ ئیتر ئەڕۆیشت •

تا رۆژێ پاش ئەوە تۆزێ چاك‌بوومەوە لەگەڵ دایکی مەسـطەح ـ پووری باوکم ـ دا چوومە دەرەوە بۆ ئەو شوێنە کە زۆر بۆی ئەڕۆیشتین بۆ قەزای حاجەت لە شەوانا • کاتێ گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە دایکی مەسطەح لە رێگەدا پێی هەڵکەوت‌و دۆعایەکی شەڕی لە مەسطەحی کوڕی کرد ! منیش وتم : بۆ دۆعای لێ ئەکەی مەسطەح لە بەشدارانی جەنگی (بەدر)ەو ئینسانی باشە ؟ ئەویش وتی : تۆ نازانی مەسطەح چی وتوە ؟ وتم : نەوەڵڵا نازانم • جا باسی واقیعەی (افك)و ، بوختانەکەی بە درێژی بۆ گێڕامەوە • منیش نەخۆشینەکەم لێ زیندوبووەوەو زۆر بێ‌ئاسایش بووم •

جا کاتێ حەزرەت هاتەماڵەوە عەرزم کرد : ئیزنم ئەدەی بڕۆمەوە بۆ لای باوك‌و دایکم ؟ ئەویش ئیجازەی پێ‌دام‌و منیش رۆیشتمەوە • جـا عەرزی

دایکم کرد : دایە ئەو قسانە چین خەڵکی ئەیانکەن ؟ ئەویش وتی : رۆڵەم ئاگات لە خۆت بێ ، ئەو قسەو باسە ئەوەندە بە شتێکی گەورە تەماشا مەکە. وەڵلاهی کەم رێ‌کەوتوە کە ژنێ جوان بێو لە لای مێردەکەیا خۆشەویست بێو هەوێیشی هەبێو خەڵکی زۆر باسی نەکەنو قسەی لێ نەکـەنو عەیبی بۆ هەڵنەبەستن •

منیش وتم : سوبحانەڵلا ئایا راستە خەڵکی قسەی وەهایان کردوە ؟ ئیتر ئەو شەوە لەبەر عاجزیو گریان خەوم لێ‌نەکەوتو تا سبەینێ هەر ئەگریام !

جا حەزرەت ـ د ـ عەلی کوڕی ئەبو طالیبو ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ‌کرد ، لە کاتێکدا کە وەحی ماتڵ بوو نەدەهات بۆ حەزرەت • حەزرەت داوای بیرو رای لەم دوو کەسە کرد • ئوسامە ئەوەی کە زانی بەیانی کردو وتی : ئەی پێغەمەری خودا فلانەکەس خێزانی تۆیە ؛ وەڵلاهی ئێمە خراپەمان لێ نەدیوە • بەلام عەلی فەرمووی : ئەی پێغەمەری خودا ـ خودا دەسـتی پێـداویو ژنیش زۆرن لە دنیـادا • وە ئەگـەر پرسـیار لە (بريرة)ی جاریە بکەی بە راستی وەلامت ئەداتەوە • ئەفەرموێ : حەزرەت (بريرة)ی بانگ کردو فەرمووی : ئەی (بريرة) هیچت لە عائیشەوە چـاوپێکەوتوە جێگەی گومان بێ ؟ ئەویش لە وەلاما وتی : سوێندم بەو کەسەی تۆی بـە راستی ناردوە هیچم لەوەوە چاوپێنەکەوتوە مایەی سووکی بێ بۆ شـوێنو جێگەی ئـەو ئەوە نەبێ کـە کچێکی منداڵە ئەگەر هەویر بشێلێ خـەوی لێ‌ئەکەوێ جا حەیوانات دێن ئەیخۆن •

جا کە حەزرەت تۆزی دڵی ئارام بووەوو زانی کە عائیشە دوورە لـە گومانەوە ، رۆیشت بۆ مزگەوتو چوە سـەر مینبەرو فەرمووی : ئەی موسوڵمانەکان کێ یارمەتیم ئەدا لەسەر پیاوێ[1] کە ئازاری پێ گەیاندووم

(١) مەبەستی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولە •

لە بارەی خێزانەوە ؟ وەڵڵاهی من خێر زیاتر هیچم لەو خێزانی خۆمـــە نەدیوە . وە ناوی پیاوێکیان بردوە کە تاوانبار بێ ، وەڵڵاهی ئەویش لە خێر بەولاوە هیچم لێ نەبینیوەو لەگەڵ خۆما نەبێ نەهاتوەتە ماڵمان •

جا سەعدی کوڕی مەعاذ هەستا وتی : ئەی پێغەمەری خودا من یارمەتیت ئەدەم لەسەری ئەگەر لە هۆزی (اوس) بێو ئەدەم لە ملی • وە ئەگەر لە برا خەزرەجییەکان بێ چیمان پێ ئەمر بفەرمووی ئەیکەین • لەوێدا سەعدی کوڕی عوبادە راستەوە بو . لەوەبەر ئینسانێکی باش بو بەڵام لەو کاتەدا (حمية) گرتبووی وتی بە سەعدی کوڕی مەعاذ : درۆت کرد ! وەڵڵاهی نایکوژیو ناتوانی بیکوژی ! جا لەوێدا (اســـيد)ی کوڕی (حضير) راستەوە بو وتی بە سەعدی کوڕی عوبادە : درۆ ئەکـــەی ! وەڵڵاهی ئەیکوژین ، بە راستی تۆ لە مونافیقانیو موجادەلە بۆ مونافیقان ئەکەی ! لەوێدا دوو هۆزی ئەوسو خەزرەج نزیك بوو بڕۆن بە گژی یەکا ! وە حەزرەتیش لە سەر مینبەر بو مەشغوول بو بە هێدیکردنەوەیان هـــەتاکو بێدەنگو ئارام بوون •

جا حەزرەتی عایشە ئەفەرموێت : ئەو رۆژەیش کە ئەم هەرایە هەبو هەر گریامو خەو نەچوە چاوم . وە باوکو دایکم هەر بەلامەوە بوون ، وە من دوو شەوو رۆژێ هەر گریام . وە ئەوان گومانیان وابو کـــە گریان جگەری لەتکردووم •

جا لەو کاتەدا ئەوان لە لام بوون ژنێکی ئەنصاری هاتە ماڵەوە بۆ لام، ئەویش دانیشت لەگەڵما ئەگریا . جا ئەفەرموێت : لەو کاتەدا تەماشـــام کرد حەزرەت ـــ د ـــ هاتەماڵەوەو سەلامی کردو دانیشت لە لام • لەگەڵ ئەوەدا کە لە رۆژێکەوە ئەو قسانەم دەربارە کراوە لەلام دانەنیشتبوو ، وە ماوەی مانگێکیش بو کە وەحی بۆ نەهاتبو لە هۆی منەوە بە هیچ جۆرێ •

جا حەزرەت ــ د ــ (اشهد ان لا اله الا الله)ی کرد ، جا فەرمووی : پاش ئەناو ستایش ئەی عائیشە دەربارەی تۆ بازێ قسەی خراپم بیستوە ، ئەگەر تۆ لەوانە بەریت خودا لەمەولا پاکیت دەرئەخا ، وە ئەگەر کەوتوویتە ناو گوناهەوە تەوبە بکەو داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە ؛ چونکی کاتێ بەندەی خودا تەوبەی کردو پێی لە تاوانی خۆی نا ئەوە خودای تەعالا تەوبەکەی لێوەرئەگرێ •

عائیشە ئەفەرموێ : کاتی حەزرەت قسەکەی تەواو کرد ، فرمێسکی چاوم وەستاو هەستم بە تنۆکێ فرمێسك نەکرد ، جا وتم بە باوکم : تۆ وەلامی پێغەمەر ــ د ــ بدەرەوە لەو پرسیارەدا کە کردی • ئەویش فەرمووی : وەڵلاهی نازانم چۆن وەلامی بدەمەوە • جا وتم بە دایکم : دەی تۆ وەلامی پێغەمەر بدەرەوە • ئەویش وتی : نازانم چی بڵێم •

جا حەزرەتی عائیشە ئەڵێ : منیش کە ئافرەتێکی منداڵ بووم‌و زۆرم لە قورئان نەخوێندبو ، وتم : وەڵلاهی بیستوومە کە ئێوە ئەوەندەتان قسەی ئەم بوختانە بیستوە لە دڵتانا دامەزراوەو باوەڕتان پێکردوە ؛ جا ئەگەر من ئەڵێم بەریم باوەڕ ناکەن‌و خودا ئەزانێ کە من بەریم • وە ئەگەر ئیعتیرافتان بۆ ئەکەم ــ و خودایش ئەزانێ کە من دوورم لەو تاوانەو پاکم ــ ئێوە باوەڕم پێئەکەن‌و بە ناحەق گیرۆدە ئەبم ، وەڵلاهی وەزعێ نابینم بۆ خۆم ئیللا وێنەی وەزعی حەزرەتی یەعقوب کە لە رووداوی حەزرەتی یوسفدا فەرمووی : (فصبر جمیل والله المستعان علی ما تصفون) • ئەمجار لەو شوێنە هەستام‌و رۆیشتمەوە بۆ سەر شوێنەکەی خۆم‌و نوستمەوەو ، من ئەزانم سوپاس بۆ خودا بەریم •

وە قەسەم بە خودا بیرم نەدەڕۆیشت بۆ ئەوە کە خودا ئایەت لــە شانی مندا بنێرێتە خوارەوەو بەسی من بکاو ـ خۆم لەوە بە کەمتر ئەزانی کە ئایەتی قورئان لە بەرائەتی مندا بێتەخوارەوە ـ بەڵام هیوام وەها بو کە حەزرەت ــ د ــ خەوێ ببینێو لەو خەوەدا حاڵی بکرێ کە من دوورم لە عەیبو خەیانەت •

جا قەسەم بە خودا حەزرەت ــ د ــ ئەو شوێنی خۆیە لە ماڵی ئێمەدا بەجێ‌نەهێشتو کەس لە ماڵی ئێمە دەرنەچوو لەو کۆمەڵە کە حازربوون •• هەتا وەحی هاتەخوارەوەو وەحی گرتی بە نەوعێ عارەق لــــە روخساری موبارەکی ئەهاتەخوارەوە وەکو دوڕی جوان لەبەر قورسی ئەو وەحیە ، لەگەڵ ئەوەدا کە رۆژەکەیشی رۆژێکی سارد بو ! کاتێ حەزرەت ــ د ــ لە وەرگرتنی وەحیەکە بووەوە لە پێش هەموو شتێکدا پێکەنیو فەرمووی: ئەی عائیشە ئەوا خوا پاکی تۆی دەرخست • جا دایکم وتی : ئەی عائیشە هەڵسە بچۆ بۆ لای • منیش وتم : وەڵڵاهی هەڵناسمو سوپاسی خودا نەبێ سوپاسی کەس ناکەم • جا خودا هەژدە ئایەتەکەی ناردەخوارەوە •

جا کاتێ خودا ئەم ئایەتانەی لە پاکی منـــــدا ناردەخوارەوە باوکم ــ ئەبوبەکری صدیق ــ فەرمووی : وەڵڵاهی ئیتر هیچ مەصــرەف بــۆ مەسطەحی پوورزام ناکەم هەتاهەتایە • لەبەر ئەوە کە ئەیوت دەربارەی عائیشە بە درۆ ، وە لەوەوبەر ئەبوبەکر خەرجی مەسطەحی ئەکێشاو پارەی پێ‌ئەدا • ئەمجار ئایەتی (ولا یأتل اولو الفضل •••) هاتەخوارەوە •

جا ئەبوبەکر فەرمووی : بەرێ‌وەڵڵا حەز ئەکەم کە خودا لە گوناهم خۆش‌بێو ئەو مەسرەفە ئەیکرد بۆ مەسطەح بۆی گەڕاندەوەو فەرمووی: وەڵڵاهی ئیتر ئەو مەسرەفەی لێ ناگرمەوە •

عائیشە ــ خ ــ ئەفەرموێت : حەزرەت ــ د ــ پرسیاری لە زەینەبی کچی جەحش ئەکرد ــ کە خێزانی بو ــ لە ئەحوالّی منو زەینەب ئەیوت : ئەی پێغەمەری خودا من چاوو گوێی خۆم لە ئاگری دۆزەخ ئەپارێزم ، من خێرو چاکە نەبێ هیچم لەوەوە نەزانیوە • وە عائیشە ئەفەرموێت : هەر زەینەب مونافەسەی بوو لەگەلّ مندا لە خۆشەویستیو پەیوەندی لەگەلّ حەزرەتدا ــ د ــ و خودا پارازتی بەو وەرعەو بەو پارێزو ئەمانەتە کــە باسی خراپەی منی نەکرد • بەلاّم (حمنە)ی خوشکی ئەو هاوردوبردی قسەی ئەکرد وەك ئەهلی ئیفكو ئەویش لەگەلّ ئەواندا بە هیلاك چو •

هەم ریوایەتکراوە لە عائیشەوە ــ خ ــ ئەفەرموێت : کاتێ ئــەو ئایەتانە هاتنەخوارەوە بۆ بەیانی پاکی من حەزرەت ــ د ــ رۆیشتە ســەر مینبەرو ئەو باسەی کردو ئایەتەکانی خوێندەوە،کاتێ لە مینبەر هاتەخوارەوە فەرمانی دا بە بەجێهێنانی حەدی قەذف بە هەشتا دار لەسەر دوو پیــاو : حەسانی کوڕی ثابیتو مەسطەحی کوڕی ئەثاثە ، وە لەسەر ژنێ کــە (حمنە)ی کچی جحش بو ، ئەمانە شەریك بوون لە حادیثەی (افك)دا ، لە پاشان تەوبەیان کردو بوون بە موسولّمانێکی بێ فێلّی باوەڕ بەهێز •

بــرا ســەیرانە ! بــرا ســـەیرانە !
لــە فیتنەی ئیبلیس دلّم حەیــرانە !
لــە رۆژێکەوە ئــادەم کەوتە عــەرز
ئایین هاتەخوار بۆ مەردی سەربەرز
رەهبەرانی راســت رێیــان لێ گیرا
بە راستو چەپا ، بەســـەرو ژێرا
تایبــەتی چەرخی رەســوولی ئەکرەم
دنیــایــان پڕ کرد لــە غوبــارو تــەم

بە هەڵخەڵـەتـان بە مەکرو بە فێڵ
نەخسوس بۆ پیاوی بێدەماخی وێڵ
بۆ پایە خواهان بە کورسیو بە شـان
لـە بۆ بێجاهان بـە ئاوو بـە نـان
نامەردان عەدووی ئەهلی کەماڵ بوون
لەسەر بێحاڵی خاوەن ئەحواڵ بوون
رۆژێ بـە تـانـەو نـاوو نـاتـۆرە
ئـەو لایـە رەشـەو ئەم لایە بۆرە
بـە ئـازاردانی کۆمـەڵی پـەیـڕەو
بە دارو بە داخ ، هەم هەمە هەوهەو
بە ئاشووبگێڕیی ، بە سوپاکێشیی
بە دیعایەی پیس ، بـە بەدئەندێشی
عەیبو عـار دانان بۆ دەستەو بەستە
حەیـابردنی پەیوەنـدو رسـتـە
(حبَـه) بە (قوبـّه)و دانە بە خەرمان
بـە دانەو داوو دەردی بێ دەرمـان

* * *

وتیـان : ساحیرە ، یانی جادووگەر
نافامن جادوو ناشـێ بۆ رەهبـەر
جادووگەر رووی خۆی ئەشۆرێ بەمیز !
دوورە لـە پـایـەی رەهبەری عەزیز
جادووگەر عەدووی شـەرمو حەیایە
رەهبەر جیلوەگـای نووری خودایـە
جادوو بە کەسبە لـە پاکو لە پیس
ریسالەت وەهبە لە خاوەن تەقدیس

جادوو مەدرەسەی تایبەتی هەیـە :
دەرزە ، درۆیە ، سـەرخۆشی مەیە
ریسـالەت مایەی رەوشتی بەرزە
ریسالەت نووری سەماو سەر عەرزە
ریسالەت ئینسان ئەکا بـە مەلـەك
بـە بەرزی رەوشت ئەیبا بۆ فەلەك
ریسالەت دوورە لە عەیبو نوقسان
ریسالەت نوورە بۆ رۆحی ئینسـان
ریسـالەت خێری دیـنو دنیـایـە
مایەی مەرتەبەی بەرزی حوسنایە

★ ★ ★

پێیان وت : شێتەو دەس لێ‌وەشاوە
بۆیـە وا عەقـڵو هۆشـی نەمـاوە
شـێت ئینسـانێکە بێ بیرو را بێ
نـەك ئینسانێکە لـە حەق ئاگـا بێ
شێت ئینسـانێکە هەوا بەدەس بێ
نـەك ئینسـانێکە خـودا پەرس بێ
ئەوەی کـە ئەشێ هێنـایانـە پێش
تـا دینی ئیسـلام سەر نەباتە پێش
نـازانن رەهبـەر چـرای خودایـە
شـەوق ئەداتەوە هەتـا هـەتـایـە
ناشامن چـرای کارەبـای خودا
ناکووژێنەوە لـە رۆژو شـەودا
خودا کـە ویسـتی هەڵکا چرایێ
ناکووژێنـەوە بـە گشـت دنیایێ

(هودا) بـە هــەوا نـاکووژێتەوە
تـا فووی لێ بکەی ئەگەشــێتەوە
رەهبـەر نووریّ بـو عامی عالـەمی
لـە بۆ فریشــتەو پەریو ئادەمی
هات بۆ تەکمیلی خوو رەوشتی چاك
بۆ تەمێی ئینسان بە کردەوەی پـاك
زاتێ کـە دارای عیلمو عـەلـەم بێ
رەهنومای پـەریو بەنی ئـادەم بێ
نـادا لـە جـامی دەروونی غـوبـار
بە تانەی دوژمن ، بەهانەی ئەغیـار

* * *

نەوەســتانەوە بـە خـاوەن پڕتـەو
ڕوویان‌کـردە لای خانـەوادەی ئـەو
ئەوەی بۆ ئەوان هاتەســەر ئیمکان
بڵاویان کردەوە لەسەر ڕووی جیهان
ئاگـادار نەبوون خودای ئاگـادار
بۆی ئەپارێزێ پایـەی ئیعتیبـار
گەلێ ئـایـەتی قورئـانی کـەریم
ناردی بۆ پاکیی عەفیفـەی عـەظیم
پاکیی داوێنی دەرکـەوت بێ صەدا
درۆزنەکـان دایـان بـە ســەردا
خوا شــایەتیی دا بۆ صـدیقەکەی
ڕووڕەشــی مــاوە بۆ (ابن ابی)
جیهان ڕوونـاك بـو بـە جوانی ئەو
چۆن تاریـك ئەبێ خانـەدانی ئـەو

ئایەت هاتەخوار ، حەقیقەت سەرکەوت
مەعنای صدیقی صـەدیقە دەرکەوت
بەڵێ هاوڕازی نووری ئـەقدەس بێ
ئەبێ ڕێبـازی فەرشی سوندوس بێ
دوورە لـە غوبار لای ئەهلی مەعنـا
ماددی (مصـفّا)ی بلووری مینـا

★ ★ ★

بـرا ئەم غەوغا غەوغـای شـەیتانە
دەعووی لـە دژی سیـای ئیمانـە
ئـە بۆ دەرچوونـە لـە ڕێی ئادەمی
بۆ سـەرنگوونی مێژووی ئادەمی
بـۆ بەرەڵلابوون لـە رووی جیهانـا
بۆ هەوای ظاهیر یـا لـە پەنهـانـا
بـۆ دژی خـودای پـەروەردگـارە
بۆ دژی جـەزای (یـوم القـرار)ە
بۆ دژی شـوعورر بە مەسئوولییەت
بـۆ رابواردن بـــە بەهیمیـــەت
ئەلحاصـــڵ دژی دینو ئیمانـــە
مەکرو تەلبیسی پیسی شـــەیتانە
(الحمد لله) دین مـاوە بـە حـەق
خۆی گرت لەبەر بای رەشابەی ئەحمەق

★ ★ ★

براکان ئیستەیش هەر دەریای ئیفساد
شەپۆل دەرئەخـا بەرەوڕووی عیبـاد
دژی نیظـامی دینی پێغـەمـــەر
هەر ڕۆژێ نەوعێ شەیتان دێتە دەر

بــە داوی تەمــاع لــە ماڵی دنیـــا
بۆ تەفــرەدانی ئینســـانی وریا
چەنها عەقیدەی فاســید کەوتە دەر
دژی نیظــامی ئــایینی رەهبـــەر
هــەر لە (خەوارج) تــا (باطنیة)
تــا (معتزلــة) و هەتــا (جبریــە)
تــا بیری خاوەن بەهانــەی تەوحید
(بەهائی)و (بابی)و ئەفکاری پەلید
تــا داوای تەجدید لـــە (قادیــانی)
تا نەشری بیری خیدمەی ئینســانی
شــەپۆلیان هێنا بۆ غەرقی ئیســلام
بەلام هەر کەشتی دەرچو بــە سەلام
عەشرەت ! براکــان ! دڵتــان ئاگایە
حافیظی ئیســــلام زاتی خودایە
بەلام ئەسبابیش پێویستە بۆمــان
تێکۆشان فەرزە بــۆ حیفظی پەیمان
پەیمانی بەرزی بەرێزی (الســت)
بەسە بۆ (نامی) دوور لە بیری پەست

★ ★ ★

(يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنوا لا تَدْخُلُوا بُيوتاً غَيْرَ بُيوتِكُمْ حَتَّى
تَسْتَأْنِسُوا وتُسَلِّمُوا عَلى اَهْلِهـــا ، ذلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ
لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٢٧) ، فَإنْ لَمْ تَجِدُوا فِيها اَحَـــداً فَلا
تَدْخُلوهَـــا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ ، وإنْ قِيـلَ لَـكُمْ : ارجِعُوا
فَارْجِعُوا هُوَ اَزْكى لَكُمْ ، واللهُ بِما تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ) (٢٨)

ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەر ــ د ــ مەڕۆنــە ماڵانێکەوە ، بێجگە لە ماڵانی خۆتان ، هەتا ئیجازەیان لێ ئەخوازن‌و سەلام ئەکەن لە خاوەن خانوەکان ، واتە کاتێ ئیجازەیان پێدان‌و رۆیشتنە ماڵەوە، ئەوجا کاتێ گەیشتن بە هۆدەی ئاوەدان سەلام بکەن لەسەر نەفسی خۆتان، یانی ئەگەر سەلام لەوان بکەن ئەوە وەکو سەلامکردنە لە نەفسی خۆتــان لەبەر ئەوە ئەوانیش لە ئێوەن ، یاخود موسوڵمانن وەکو ئێوە ، وە ئەم یاسایە باشترە بۆتان لەوە کە بە بێ ئیزن‌وەرگرتن بڕۆنە ماڵەوە ، وە کاتێ گەیشتن بە ئاوەدانی سەلامیان لێ‌ئەکەن خودای تەعالا ئەم ئایەتەی بۆ ئەوە ناردوە بۆ لاتان هەتاکو بیر بکەنەوەو کارێ بکەن خێری هەموو لایەکی تێدابێ ، جا ئەگەر کەستان لەو خانوەدا دەس‌نەکەوت ئەوە مەڕۆنە ناوی هەتا کەسێ لە ئەهلی ئەو خانوە دێ‌و ئیزنتان پێ‌ئەدا ، وە ئەگەر هەر وتیان: بگەڕێنەوە ، ئەوە بگەڕێنەوە ئەمە باشترە بۆ ئێوە لەوە کە هەر مل بنێن‌و بڕۆنە ناو خانوەکەوە ، خودا زانایە بەوەی ئێوە ئەیکەن .

(لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَدْخُلوا بُيوتاً غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيها مَتَاعٌ لَكُمْ ، واللهُ يَعْلَمُ ما تُبْدونَ ومَا تَكْتُمونَ) (٢٩)

واتە : تاوانتان لەسەر نیە کە بڕۆنــە نــاو خانوگەلێکی وا کــــە جێگەی دانیشتنی خێزان‌و منداڵ نیە کە لەو خانوەدا حەقی ئیستیفادەتان هەبێ ، وەکو دووکان‌و مەحەلاتی تیجارەت‌و موعامەلەو خان‌و خانەقاو تەکایاو وێنەی ئەمانە بە بێ داوای ئیجازەی ئەوانە وان تیایانا ، وە خودای تەعــالا ئەزانێ ئەوەی دەری‌ئەخەن‌و ئەوەی وا لە دڵتــــانا ، واتە ئەگــــەر بۆ سوودوەرگرتنێکی شەرعی بڕۆنە ئەو شوێنانە ئەوە باشە ، وە ئەگەر بڕۆن

بۆ ئەوە کەمێن بگرن بە مەبەستێکی ناڕەوا خودا پێتان نەزانێ‌و لە ئەنجاما رسواتان ئەکا بێجگە لە ئازاری قیامەت •

(قُلْ لِلمُؤْمِنِينَ : يَغُضُّوا مِنْ اَبْصارِهِمْ ، وَيَحْفَظُوا فُروجَهُمْ ، ذلِكَ اَزْكى لَهُمْ، إنَّ اللهَ خَبيرٌ بِما يَصْنَعُونَ) (٣٠)

ئەی رەهبەری خۆشەویست بفەرمو بە موسوڵمانەکان کە چاوی خۆیان بگرن بە بازەگرتنێ لە تەماشاکردنی ژنی نامەحرەم ، وە عەورەتی خۆیان بپارێزن لە لەزەتوەرگرتنی ناڕەوا ، ئەم دەستوورە پاکترە بۆ ئەوان ، وە خودا ئاگادارە بەو کارانە ئەوان ئەیکەن ، وە ئەزانێ بە هەڵسووڕاندنی چاویان‌و لە چلۆنیەتی تەماشاکەیان ئایا بە خەیانەتە یا بە ئەمانەت •

بزانن ! لەبەر ئەوە کەلیمەی (من) نازڵ بو لەسەر (ابصار) چونکی بازێ تەماشاکردنی دروستە وەکو تەماشای مەحرەم لە غەیری مابەینی ناوك‌و ئەژنۆیان ، وە بازێکی زیاد لە دروستی خێری هەیە وەکو تەماشا بۆ دەرزداران‌و بۆ هەڵگرتنی شایەتی‌و ، بازێکی واجبە وەکو تەماشا بۆ دەرمانکردنی ژنی نەخۆش ، لە کاتێکدا پیاوی مەحرەم یا ژن نەبێ بۆ ئەو دەرمانکردنە •

(وقُلْ : لِلْمُؤْمِناتِ : يَغْضُضْنَ مِنْ اَبْصارِهِنَّ ، ويَحْفَظْنَ فُروجَهُنَّ ، ولا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ، إلا مَا ظَهَرَ مِنْها، ولْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ على جُيوبِهِنَّ ، ولا يُبْدِين زِينَتَهُنَّ إلاّ لِبُعُولَتِهِنَّ ، اَوْ آبائِهِنَّ ، اَوْ آباءِ بُعُولَتِهِنَّ ، اَوْ اَبْنائِهِنَّ،

أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ ، أَوْ إِخْوَانِهِنَّ ، أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ ، أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ ، أَوْ نِسَائِهِنَّ ، أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ ، أَوِ التَّابِعِينَ ــ غَيْرِ أُولِي الإِرْبَةِ ــ مِنَ الرِّجَالِ ، أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ، وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ ، وَتُوبُوا إِلَى اللهِ جَمِيعاً ــ أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ ــ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (٣١)

وە ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرموو بەو ژنانە کە باوەڕیان کردوە: بازێ چاویان بقونجێنن لە تەماشاکردنی نامەحرەمو عەورەتی خۆیان بپارێزن لە لەزەتپێوەرگرتنی ناشەرعی ، وە دەرنەخەن بۆ تەماشاکردنی نامەحرەم ئەو شتانە کە هۆی جوانی ئەوانە لە ئەنواعی خشڵ وەکو : تەپەڵغو ، کلاوزەڕو ، لاسەرەو ، ملەوانەو ، قەتارەی قەراخی کەواو سەڵتەو سوخمەو کەمەرەو ، گۆودەڵەکەو ، بازنو ، خەڵخاڵو ••• غەیری ئەمانەیش ، ئەوانە نەبێ کە بە عادەت لە کاتی ئیشکردندا دەرئەکەون ، وەکو نەفسی جلەکەیی‌و ئەنگوسیلەو، نەفسی روخساری ، واتە دەم‌و چاوو رووی‌و هەردوو دەستی‌و بەرو پشتیان هەتا جسگەی بەینی دەست‌و باسك ، وە با سەرپۆشەکانیان بگەیەنن بە بەرۆکیان بۆ ئەوە کە مل‌و سنگیان داپۆشن •

وە بە شێوەی تەئکید ئەڵێمەوە ئەسبابی زینەتی خۆیان لە لەش‌و لە خشڵ دەرنەخەن ، ئەوانە نەبێ جیامانکردنەوە ، ئیللا بۆ مێردەکانیان ، یا باوکی خۆیان ، یا باوکی مێردەکانیان ، یا بۆ کوڕانی خۆیان ، یا کوڕانی مێردەکانیان ، یا بۆ براکانیان، یا کوڕانی براکانیان، یا کوڕانی خوشکەکانیان، یا بۆ ژنانی خۆیان ، واتە هاودینیان ، یا بۆ ئەو بەندەو کەنیزەکانە کە کڕیونیان ، یا بۆ ئەو پیاوە پیرە لێکەوتوانە کە ئەگەڕێن بە شوێن پێویستی

خۆیاناو ، لە بەر پیری ئیحتیاجیان بە ژنان نەماوە ، یا بۆ ئەو کوڕە منداڵانە کە ئاگادار نەبوون بەسەر عەورەتی ژنانا ، واتە ئارەزووی نەفسیان پەیدا نەبوە •

وە با ئەو ژنانە لە هاتوچۆی دەروماڵدا پێکانیان نەکوتن بە زەویـــدا هەتاکو بزانرێ بەوەی شاردوویانەتەوە لە خشڵەکانیان ، وە هەمووتان ، ئەی پیاوانو ژنان . بگەڕێنەوە بۆ لای خودا بە پەشیمانبوونەوە لە گوناحەکان بەڵکو لە ئازاری قیامەت رزگار بین •

بزانن ! لەم دوو ئایەتە پیرۆزەوە دەرکەوت بە ئاشکرا کە حەرامــــە روانینی پیاو بۆ ژنی نامەحرەم وە روانینی ژنان بۆ پیاوانی نامەحرەم . وە ئەو کەسانە کە لە ئایەتی دووهەمدا (استثنا) کراون هەموو لە (محارم)ن ئیللا مەملووكو پیاوی پیری بێ ئارەزوو منداڵێ کە نەگەیشتبێ بـــە تەمەنی ئارەزووبازی وە یا گێڕانەوەی باسی عەورەتی ژنان بەم مەعنا لە حەوت ساڵ کەمتر بێ •

وە تەماشاکردنی پیاو بۆ پیاو وە ژنان بۆ ژنانی موسوڵمان حەرامە لە مابەینی ناوكو ئەژنۆداو رەوایە لە ماعەدای ئەوانا ژنانی کافران نەبێ ، ئەوە دروست نیە بۆ ژنی موســوڵمان کــە غەیری روخسارو دەستەکانی تــا مووچەکان دەربخا بۆ ژنی کافر تەماشایان بکا ، وە ئیللا تەماشاکردنی پیـــاو بۆ کوڕی بێتووك ، ئەوە حەرامە ئەگەر شێوەی جوان بێ بـــە عادەت ــ مطلقا ــ وە ئەگەر ناشیرین بێ هەر بە شەهوەتەوە حەرامەو بە بێ شەهوەت دروستە • بەڵێ حەلاڵە تەماشاکردنی ژن بۆ پیاوانو پیاوان بۆ ژنان لەگەڵ ئیحتیاجیدا ، وەکو دەرمانکردنو دەرزیپێوتنو هەڵگرتنو دانی شـــایەتی بۆیان یا لەسەریان ، وەکو لە شوێنی خۆیا بەیان کراوە •

وە دەلیل لەسەر ئەوە کە دەرخستنی روخسارو دەست دروستە ئەوەیە کە طەبەری ریوایەتی کردوە لە عائیشەوە ـ خ ـ ئەفەرموێ : رەوا نیە بۆ ژنێ ئیمانی هێنابێ بە خوداو بە رۆژی قیامەت کە باڵغ بو لە هیچ شوێنێ لـە لەشی دەربخا روخسارو هەردوو دەستی نەبێ هەتا ژووری جومگەکانی •

وە ئەبو داود ریوایەتی کردوە لە عائیشەوە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د ـ فەرمووی بە ئەسمای خوشکی عائیشە : ئەی ئەسما ئافرەت کە حەیزی پێدا هات ـ واتە باڵغ بو ـ ئیتر دروست نیە لە دەمو چاوو هەر دوو لەپی بەولاوە دەربخات •

بەڵێ کاتێ ژنێ ئاگادار بو لەوە کە لە رێگەو بانا نامەحرەم تەماشای ئەکەن ئەوە پێویستە بە گوێرەی توانا خۆی بپارێزێو سەرو دەمو چـاوی داپۆشێ • وە (امام الحرمین) ئەفەرموێت : دروستە بەڵکو پێویستە کـە گەورەی ئیسلام لەبەر پارازتنی مەصلەحەت فەرمان بدا بە ژنان دەمو چاویان داپۆشن هەتا بێگانە بۆیان نەڕوانن •

(وأَنْكِحُوا الأَيامى مِنْكُمْ والصَّالِحِينَ مِنْ عِبادِكُمْ وإمائِكُمْ ، إنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ، واللهُ واسِعٌ عَلِيمٌ) (٣٢)

جا کاتێ خودای تەعالا ئەمری فەرموو بە پیاوانو ژنانی موسوڵمان چاوبنێن بەیەکا لە تەماشاکردنی بێگانە نەکا ئەو تەماشاکردنە ببێ بە هۆی هێرشی ئارەزووی نەفس بەسەر ئینساناو گیرودەی تاوانی زینایان بکا •• ئەمری فەرموو بەوە ئەگەر ژنێکی بێ مێرد هەبو ، وە یا پیاوێکی صالحی بێ ژن هەبو چارەیان بکەن • وە فەرمووی : ئەو ژنانتانە کە بێمێردن بیاندەن

بە شوو ، وە ئەو بەندەو جارییە باشانەتان ژنیان بۆ بێنن‌و بیاندەن بـــە شوو . وە ئەگەر ئەو کەسانە داوای ژنتان لێ ئەکەن فەقیرحاڵ‌و گەدا بوون‌و ژنیان پێ‌نەئەدان . یا ئەو ژنانە کە مارەیان ئەکەن بۆ داخوازانیان گەدا بوون‌و لە بەر گەدایی کەس نەدەهات مارەیان بکا .. ئەوە مەکەن بە هۆی تەرکی ئەو مارەکردنەو ئیعتیماد بدەن لەسەر کەرەمی خودا ، ئەوانـــــە هەرچەن گەدا بن خودا دەوڵەمەندیان ئەکا لە فەزڵ‌و میهرەبانی خۆیەوەو خودا دارایی گوشادەو زانایشە بە ئەحواڵی ئێوە رزق‌و رۆزی کەم‌و زیـــاد ئەکا بە گوێرەی حیکمەتی خۆی .

وە لە واقیعا ئەگەر موسوڵمانان لە هەموو چەرخ‌و کاتێکدا پەیڕەوی ئەم ئایەتەیان بکردایە گوێیان بە ماڵ‌و دارایی داخوازی‌کەرو داخوازی‌کراو نەدایە گەلێ کەس دائەمەزران‌و لە تاوانباری ئەپارێزران .

(وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لا يَجِدُونَ نِكَاحاً حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ، وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمانُكُمْ فَكاتِبُوهُمْ ـ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْراً ـ وَآتُوهُمْ مِنْ مالِ اللهِ الَّذِي آتَاكُمْ ، وَلا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ ـ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّناً ـ لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ، وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ ، فَإِنَّ اللهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٣٣)

واتە با ئەوانەی توانای ژن هێنانیان نیە خۆیان بپارێزن‌و هـــەوڵی داوێن‌پاکی بدەن‌و خۆیان بەدوور بگرن لە کاری بەدو تاوانی زینا هەتـــا خودای تەعالا لە میهرەبانی خۆیەوە ماڵیان دەداتێ‌و دەوڵەمەندیان ئەکا .

وە ئەو بەندانە کە ئەیانەوێ موکاتەبەیان لەگەڵدا بکرێ بەم جۆرە ئاغاکەیان پێیان بڵێ : وا نامەنووسیم لەگەڵ کردی لەسەر ئەوەندە پارە هەر کاتێ بۆت هێنام بەوەندە بەش ئازاد بە • بەمەرجێ کە بزانن بەوە کە ئەو بەندانە ئەمینن راناکەنو خۆیان ناشارنەوەو ئەتوانن ماڵ پەیدا بکەن ، وە ئەو پارەیە ئەیگرنە گەردنی خۆیان بۆتانی دێنن • وە بدەن بەو بەندانە بازێ لەو ماڵی خودایە کە پێیداون ، واتە مادام نامەنووسیتان لەگەڵ بەندەکاندا کرد لەسەر ئەندازێ ماڵ ئێوەیش بازێ ماڵیان پێ بدەن بۆ یارمەتیدانیان ، یا بازێ لەو ماڵە دابشکێنن بۆ ئاسانکردنی رزگاربوونی ئەو بەندانە •

یاخود ئەمە خیطابە بۆ موسوڵمانان کە هەرکەسێ لە ماڵی خۆی شتێ بدا بەو بەندانە وەکو (باربوو) •

وە زۆر مەکەن لە جاریەکانتان لەسەر زیناکردن بە موقابیلی پارەوە ، ئەگەر ئەوان خواستیان لەسەر عیفەتو شەرمو ئەدەبو حەیایە ، بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەو زیناکردنی ئەوانەوە ماڵی بەسوودتان دەست بکەوێ بۆ رابواردنتان لە ژیانی دنیادا • وە هەرکەسێ زۆریان لێ بکا لەسەر ئەو زیناکردنە ئەوە خودا لە پاش ئەو زۆرکاری‌یە تاوانبەخشو میهرەبانە •

ئەم ئەندازە ــ لە (ولا تكرهوا ••• تادوایی) ــ لە شانی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی سەرۆکی موناقیقاندا هاتەخوارەوە • ئەم بەدڕەوشتە شەش جاریەی هەبو بە زۆر ناچاری ئەکردن بۆ ئەوە زینا بکەنو پارەی بۆ پەیدا بکەن ! جا دوو جارییە لەوانە کە موسوڵمان بوون هاتن لای حەزرەت ــ دــ شکاتیان لە عەبدوڵلا کردو ئەویش دەستبەرداری ئەو کارە بو •

(وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ ، وَمَثَلاً مِّنَ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُمْ ، وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ) (٣٤)

به راستی ئێمه نزلسان کرد بۆ لای ئێوه له‌م سووره‌ته‌دا چه‌ن ئایه‌تی رووناکی‌ده‌ر له ئه‌حکامی دینا . وه قسه‌و باسێکی سه‌رسورهێنه‌ر له به‌سه‌رهاتی ئه‌وانه که رابوردن له پێش ئێوه‌دا • له‌وه چه‌ن ده‌رزی ئیرشاد بۆ ئه‌حوالی کۆمه‌لایه‌تی له هاتوچۆی حالانا که به‌سوودن بۆ ئه‌وانه له خودا ئه‌ترسن •

(اللهُ نُوْرُ السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضِ)

خودای ته‌عالا رووناککه‌ره‌وه‌ی زه‌وی‌و ئاسمانه‌کانه . نوورانی کردوون به نووری وجوودو ده‌رچوون له نه‌بوونه‌وه بۆ بوون • وه به نووری هیدایه‌ت . یانی رێنومایی ئه‌هلی ئاسمان‌و زه‌وی کردوه بۆ زانیاری به گوێره‌ی پێویست‌و رووناکی کردوونه‌ته‌وه به فریشته‌کانی ئاسمان‌و به پێغه‌مه‌ران‌و ره‌هبه‌رانی سه‌ر زه‌وی‌و به تاوو تیشکی رۆژو مانگ‌و ئه‌ستێره‌کان •

(مَثَلُ نُورِهِ : كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ . المِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ ، الزُّجَاجَةُ كأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ ، لا شَرْقِيَّةٍ ولاَ غَرْبِيَّةٍ ، يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ ، ولَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارٌ ، نُورٌ عَلَى نُورٍ ، يَهْدِي اللهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ . ويَضْرِبُ اللهُ الاَمْثَالَ لِلنَّاسِ ، واللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٣٥)

صیفه‌ت‌و حالی نووری خودا له ئاسمانه‌کان‌و زه‌ویدا . له وجووداو له ئیشراق‌و پرته‌ودا وه‌کو پرته‌وی چرایێکه له ناو جامێکی مینای بێ‌گه‌ردا ،

(كأنه) ئەستێرەیەکە پڕتەوداره ، وە ئەو جامە لە ناو تاقێکی بێ کەلێندا بێ کە هەموو پڕتەوی چراکە رابگرێو نەیەڵێ بڵاوببێتەوە بەملاو بەولادا • وە ئەو چرایە هەڵبگیرسێ لە رۆنی زەیتوونی دارێکی خاوەن فەڕ ، نە زۆر خۆرهەڵاتیو نە زۆر خۆرنشینی بێ ، بەڵکو لە باخێکدا بێ ساراو رێك کە بە عادەت هەموو کاتێ لە رۆژا هەتاو تێی بداو بەرەکەی باش پێبگەیەنێ ، وە ئەو رۆنی زەیتوونە ئەوەندە ساف بێ لەوانە بێ لە خۆیەوە ، با ئاگریش پێی نەگا ، هەڵگیرسێو رووناکی هەڵگیرسانەکەی ئەلاوەی نووری صەفای زاتیی خۆی بێ •

جا خودای تەعالا هەرکەسێ مەیلی لەسەر بێ هیدایەتی ئەداو شارەزای ئەکا بۆ تێگەیشتن لەو نووری وجوودی کائیناتە کە بە ئیجادی (واجب الوجود) پەیدا ئەبێ . وەکو چۆن رۆژ لە بەرزەوە کوتوپڕ هەتاو ئەخاتە سەر پانایی جیهان ، وە بۆ ئەو نووری عیلمو عیرفانو ئیسانە کە ئەیدا بە خەڵکی زەویو ئاسمان ، وە بۆ باوەڕ بە نووری قودسیەتی فریشتەکانو نوبوەتو ریسالەتی رەهبەرەکانو (اتصـــــاف) بە نووری مەعریفەتو حوضووری دڵ ، وە ئەیکا بە یەکێ لە پیاوچاکان ، وە بۆ باوەڕ بەوە کە ئەو هەتاوی رۆژو مانگو ئەستێرە لەو ئاسمانە بەرزانەوە دەرئەچێ هەمووی لە خواستی خوداوەیە نەك لە شتی ترەوەو خودا وێنە دێنێتەوە بۆ ئادەمیزاد بە یاسای تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووس لەبەر رووناككردنەوەی مەعانی پەنهانی دوور لە عەقڵ • وە خودا زانایە بە هەموو شتێو هیچ شتێکی لێ ون نابێ •

بزانن ! بە پێی کتێبی زمان وەکو (قاموس) کەلیمەی (نور) هاتوە بە مەعنای ئەوە کە (مبین) و (مظهر)ی ئەشیایە • واتە ئەو شتە کە ئەشیای پەنهان دەربخا بە جۆرێ کە خەڵك تێی بگەن • وە بەم ئیعتیبارە صیفەتی

موشه‌بیه‌هه‌یه • وه بۆ زاتی باری به‌كار ده‌هێنرێ • وه جومله‌ی (الله نور السماوات والارض) حه‌قیقه‌ته‌و مه‌جازی تێدا نیه • وه ئه‌نجامی مه‌عناكه‌ی ئه‌مه‌یه كه خودای ته‌عالا (مبین) و (مظهر)ی ئاسمانه‌كان‌و زه‌وییه • یانی له نه‌بوونه‌وه ده‌ری‌كردوون بۆ بوون • وه هه‌رچۆن بڵێیت خودا (مبین) و (مظهر)ه ئه‌یشتوانی بڵێیت (منور)ه ؛ چونكی ئه‌نجامی (تنویر). (اظهار)ه‌و یه‌كه‌مین (اظهار) بۆ هه‌ر شتێ ده‌ركردنیه‌تی له نه‌بوونه‌وه بۆ بوون •

هه‌روا (نور) هاتوه به مه‌عنای (پرته‌و) و به‌م مه‌عنایه به حه‌قیقه‌ت ئیطلاق ناكرێ به‌سه‌ر زاتی خودادا به بێ ته‌ئویلی (نور) به (منور) وه مه‌عنای (الله نور السماوات والارض) له‌سه‌ر ئیعتیباری نوری عه‌قڵی ئه‌مه‌یه كه خودا هیدایه‌ت‌و عیلم‌و عیرفانی داوه به ئه‌هلی ئاسمانه‌كان‌و زه‌وی • واته به فریشته‌ی ئاسمانه‌كان‌و به ره‌هبه‌رانی زه‌وی له پێغه‌مه‌ران‌و ئه‌وانه كه ڕێگه‌ی راستیان گرتوه •

وه له‌سه‌ر ئیعتیباری (نوری‌حسی) ئه‌مه‌یه كه خودای ته‌عالا ئاسمانه‌كان‌و زه‌وی رووناك كردوه به نووری رۆژو مانگ‌و باقی ئه‌ستێره‌كان •

له‌م به‌یانه‌وه ده‌ركه‌وت كه به هه‌ر شێوه‌یێ ته‌فسیری (نور) به (منور) راسته‌و جوانه ؛ چونكی ئه‌گه‌ر صیفه‌تی موشه‌به‌هه بێ‌و به مه‌عنای (مبین)و (مظهر) بێ مه‌علوومه كه موبین‌و موظهیری هه‌ر شتێ (منور)ه بۆ ئه‌و شته‌و چ ته‌نویرێ له‌وه به‌رزتره كه شتێ له تاریكی نه‌بوونه‌وه ده‌ربكرێ بۆ رووناكی وجوودو بوون به جۆری كه ببێ به (مبدأ) بۆ ئاثار له جیهانا ؟

وه ئه‌گه‌ر (مصدر) بێ به مه‌عنای رووناكی ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه حه‌ملی له‌سه‌ر زاتی خودا ناكرێ‌و پێویسته ته‌ئویل بكرێ به (منور) خوا ته‌نویر عه‌قڵی بێ یا (حسی) •

(فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ ، يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ (٣٦) رِجَالٌ لاَ تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلاَ بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللهِ ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، يَخَافُونَ يَوْماً تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالأَبْصَارُ (٣٧) لِيَجْزِيَهُمُ اللهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا ، وَيَزِيدَهُمْ مِنْ فَضْلِهِ ، وَاللهُ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ)(٣٨)

واتە ئەو تاقە بێ کەلێنە لە نـاو چـەن خانوویەکدایە خودای تەعـالا ئیجازەی داوە کە بەرزبکرێنەوە لەسەر قاعیدەی عیبادەتخانە بە نرخەکانو ناوی خودایان تێدا ببرێو تەسبیحو تەقدیسی خودایان تێـدا بکا لـە سبەینێیانو ئێوارانا چەن پیاوێکی ساغی راساڵی وەها کە تیجارەتو کرینو فرۆش فەرامۆشیان ناکا لە زیکری خوداو بەجێهێنانی نوێژو لە دانی زەکاتی ماڵیان بە خاوەن حەقانو حاڵیان وایە ئەترسن لە رۆژێ کـە چاوانو دڵی ئینسان تیایانا هەڵئەچەرخێن لەسەر یاسای ئینسانی ترساو •

وە ئەو تەسبیحەیش بۆ ئەوە ئەکەن کە خودا جەزایان بداتەوە بە پێی شیرینترینی ئەو کارانە کردوویانەو لە میهرەبانی خۆیەوە پاداشی تریشـیان بۆ زیاد بکا ، وە لە واقیعا خودای تەعالا رۆزی هەرکەسێ خۆی خواستی لێ بێ ئەیدا لە قووتی ژینو لە قووەتی دین بە بێ ئەوە کـە ئەندازەی سنووری هەبێ ، یاخود بە بێ ئەوە کە خاوەن کردەوەکە گومانی ئەو جۆرە پاداشەی بردبێ کە لە لایەنی خوداوە پێی ئەبەخشرێ •

بێداربنەوە ! من لەسەر موافەقەی تەفسیرەکان هاتم (فی بیوت)م بەست بە (مشکاة)ەوە لەسەر ئەو ئەساسە کە صیفەتی (مشکاة) بێ • گەلێ وەجهی تریان بۆ پەیوەندی ئەو (جار) و (مجرور)ە بەیان کردوە•

بەڵام بە باوەڕی من (فی بیوت)بەسـراوە بە فەرموودەی خوداوە (یهدی) • واتەخودا بیەوێ هەرکەسێ هیدایەت بدا بۆ ئیدراکی نووری باسکراو هیدایەتی ئەدا لەو مزگەوتە پیرۆزانەدا کـە بـە ئیزنی خودا بەرزکراونەتەوە بۆ طاعەتو بەندەیی • وە مەبەس لەو رەبطەیش ئەوەیە کە تەرغیبی موسوڵمانان بدا بۆ چوونە ناو ئەو مزگەوتانەوە بۆ نوێژی جەماعەتو بۆ زیکرو قورئانخوێندنو ئیعتیکافکردن ، وە بۆ ئیستیفادە لەو خێراتە کە لە مزگەوتا دەستئەکەون وەکو تەفاهوم لەگـەڵ موسـوڵمانانو دۆستیکردنو چاوپێکەوتنی ئەهلی عیبادەتو دەربڕینی هەیبەتی ئیسلام لەو گردبوونەوەیانا لە مزگەوتەکاناو پرسیاری ئەحکامی نوێژو عیبادەت لـە ئیمامەکان ، وە بۆ ئەوە منداڵی موسوڵمانەکان ئولفەت بگرن بە مزگەوتەوە، چونکی منداڵێ کە باوکی خۆی بینی ئەڕوا بۆ مزگەوت بە تایبەتی کـە خۆیشی لەگەڵ باوکیا بڕوا ئەوە بە راستی ئەبێ بە ئەهلی طاعەت •

وە لە واقیعا زۆربەی پیاوی خاوەن شوعووری دینیو ئاگادار لـە ئەسراری ئیسلامو گەیشتووبە بەختیاریو پیرۆزی لە ژیانا ئەوانەن کـە هۆگری مزگەوتەکانن . نەك ئەوانە کە بە دەگمەن رێیان ئەکەوێتە ماڵی خودا ، بەڵکو ئەوانە لە خوانی خودادا بەشیان کەمە •

(والَّذِينَ كَفَرُوا أعْمالُهُمْ كَسَرابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ ماءً ، حَتَّى إذا جاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئاً ، وَوَجَدَ اللهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسابَهُ ، واللهُ سَرِيعُ الحِسابِ) (٣٩)

فەرمووی : ئەو کەسانە کە لە عیبادەتخانەکاندا تەسبیحی خودا ئەکەن لە ئەنجاما خودا پاداشیان ئەداتەوە بە گوێرەی باشترینی کردەوەکانیان ••

ئیستەیش ئەفەرموێت : ئەوانەیش کە ئیمانو باوەڕیان نیە بە خودا هــەر کردەوەیێ ئەکەن لە دنیادا لە رۆژی قیامەتدا بێسوود دەرئەچێ وەکو یەکێ لە کاتێکی گەرمادا بە سارایەکدا بڕواو چاوی بکەوێ بە (سەراب)ێ لــە دوورەوە ، ئەو کەسە وا گومان ئەبا کە ئەو سەرابە ئاوە هەتا کاتێ دێتــە لای هیچ ئاوێ نابێنێ زاتی خودا نەبێ ، کابرایش بێ ئیمانو باوەڕ لــــە رۆژی قیامەتا بە هیچ جۆرێ پاداشی چاکە لەســەر کردەوەکانی نابینێ ، بەس مەئمووری خودا ئەبینێ کە دێن رای ئەکێشن بۆ دۆزەخ ، جا خودای تەعالا حسابی خۆی بۆ تەواو ئەکاو تەسلیمی ئەکا ، وە لە واقیعــا خودای تەعالا حسابی زۆر مەضبووطەو حسابی کەس نابێ بە مانیعی لە حســێبی کــەس •

(أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ، ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ ، إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا ، وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ) (٤٠)

یاخود کردەوەی ئەو کافرانە وەکو چەن تاریکییەك لەناو دەریایەکی زۆر قووڵدایە کە ئەو ناوی دەریایە داگیر بکا شەپۆلێو لەسەر ئــــــەو شەپۆلەوە شەپۆلێکی ترو لە سەر ئەو شەپۆلەیشەوە هەور ببێ بۆ ئەوە کە تاوو تیشکی ئەستێرەو رۆژو مانگ مەنع بکا لەو دەریایە ، جا لەم شوێنەدا چەن تاریکییەك پەیدا بوون ، بازێکیان وان لە ژووری بازێکیانەوە بــــە شێوەیێ کاتێ ئەو کەسە کە ها لە ناو دەریاکەدا دەستی خۆی دەربکا بۆ ئەوە تەماشای بکا لەوانەیە بە چاو نەیبینێ • وە کەسێ خودا نووری پێ نەدابێ

لەبەر ســەرپێچی خۆیو نووری تەوفیق ناو دڵی ئــەو کەســەی رووناك نەکردبێتەوە ئەوە ئیتر رووناکی ناکەوێتە دڵیەوە •

بزانن ! ئینسان ئەتوانێ بەیانی ئەم تاریکییانە وا بکا کە کــردەوەی ئینسانی کافر لەبەر ئەوە کە لە باوەڕی پووچەوە پەیدا ئەبێ ئەوە پەردەی تاریکی دەوری ئەدا • وە لەبەر ئەوە وا لەگەڵ باسی بتەکانا ئەوا لە دنیایشا تاریکیەکی تری بەسەراهات • وە لەبەر ئەوە بە کردەوەکەی خۆی زۆر بایی ئەبێو ئەیخاتە ناو کردەوە پووچەکانی کافران پەردەیەکی تری رەشــــی بەسەرا دێ •

سێ پەردەی هەیە کردەوەی کافـر
یەکەم : عــەقیــدەی تاریکی خاتــر
دووەمین : پەردەی نــاوی بتــەکــان
سێهەم : بایی‌بوون بــە کردەوەکــان
کرداری ئاوا زۆر دوورە لــە نــوور
نــە لــە دنیادا ، نە (یوم النشور)

★ ★ ★

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَنْ فِي السَّماواتِ والاَرْضِ والطَّيْرُ صافَّاتٍ ، كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلاتَهُ وتَسْبِيحَهُ ؟ واللهُ عَلِيمٌ بِما يَفْعَلونَ (٤١) ، ولِلهِ مُلْكُ السَّمَاواتِ والاَرْضِ وإِلى اللهِ المَصِيرُ) (٤٢)

ئایا ئەی خۆشەویست تۆ نازانی بە وەحی خوداو ئیلهامی راستی کە خودای تەعالا زاتێکی وایە کە تەسبیحی بۆ ئەکاو تەنزیهی ئەکا لە نوقسانی

خواستو تەوانایی هەرچی عاقڵی ئاسمانو زەوییە؟ وە یا هەرچی مەوجوودات هەن لە ئاسمانەکاناو لە زەویدا لە خاوەن عەقڵو غەیری خاوەن عەقڵ ، بە تایبەتی نەوعی پەلەوەرەکان کە حاڵیان وایە باڵی خۆیان رائەخەن لە ئاسماناو بە تیژی ماوەی دوور ئەبڕن ، وە هەرکام لەوانە ــ عاقڵو بێ عەقڵ ــ واجباتی خۆی لە نوێژو تەسبیحاتی پەروەردگاری خۆی ئەزانێو ؟ لە هەمان کاتدا خودا زانایە بە هەرشتێ ئەوانە ئەیکەن •

بزانن ! ئەگەر (کل قد علم) بەسرابێ بە (من فی السماوات والارض)ەوەو بریتی بێ لە هۆشیارانی کائینات ئەوە زانیاری ئەوان بۆ واجباتیان وەکو نوێژو تەسبیحاتیان مەعلومە بە تەبیعەتی حاڵ هەر عاقڵێکی فەرمانبەرداری خودا زانایە بە واجباتی خۆی •

وە ئەگەر مەربووط بێ بەویشەوەو بە طەیریشەوە یا خەیر هەر مەربووط بێ بە طەیرەوە ئەوە زانیاری طەیرو باقی گیانلەبەرانی بە عەقڵ ئەبێ عیبارەت بێ لەو میقدارە ئیحساسو شوعوورە کە خودا داویەتی بە حەیواناتی بێعەقڵ لە خوصووصی ئەو جۆرە کارەوە کە بۆی رامکراون • وە نیسبەت بەوانەی بێگیانن یا ئەبێ مەعنای بخەینە سەر ئەو جۆرە حاڵە کە خودا پێیداون بۆبەجێهێنانی ئیشو کاریان ، وەکو لە زاهیری گەلێ ئایەتەوە دەرئەکەوێو لە سوورەتی ئیسرادا باسمان کرد • وە یا ئەبێ حەمل بکرێتە سەر تەسخیری ئەو مەوجووداتە بۆ دەلالەت لەسەر وجوودی (واجب الوجود)ی تەواوو تەنزیهی لەعەیبو کەمی •

جا ماوەتەوە سەر ئەوە کە خودا نیسبەتی (صەلات)و تەسبیحی داوە لەوانە ئەبێ مەبەست لە نوێژ غەیری مەبەست بە تەسبیح بێ • بەم رەنگە مەبەس لە صەلات مانەوەیان بێ لە عالەمی وجوودا لەگەڵ ئەو حاڵو وەزعی

خۆیانەدا ، وە مەبەس لە تەسبیح ئەوە بێ کە لەو تایبەتیانەدا پێیانەوە بەسراوە دوورن لە نوقسان • واتــە دروستکراوی پەروەردگارێکن کە ئەزانێ بــە ئەندازەی ئەو خاصیەتانەو ئەو ئاثارانە کە لەوانە پەیدا ئەبێ •

وە هەر بۆ خودایە سەرداریو مالیکیەتی ئاسمانەکانو زەویو بۆ لای خودایە گەڕانەوەی هەموو مووجووداتی مومکینە •

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ يُزْجِي سَحاباً ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهَ ، ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكاماً ، فَتَرَى الوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ ، وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّماءِ مِنْ جِبالٍ فِيها مِنْ بَرَدٍ ، فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ ، ويَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشاءُ ، يَكادُ سَــنَا بَرْقِــهِ يَذْهَبُ بِالاَبْصارِ (٤٣) يُقَلِّبُ اللهُ اللَّيْلَ والنَّهارَ ؟ إِنَّ فِي ذلِكَ لَعِبْرَةً لِاُولِي الاَبْصارِ) (٤٤)

ئایا ئەی رەهبەری خۆشەویست نازانی بە زانستێکی رەسا کە خودای تەعالا هەور دروست ئەکاو جا لێی ئەخورێ تا پارچەکانی ئەگەیەنێ بە یەك ، ئەمجار ئەیانداتە دەم یەكو لە پاشان ئەیکا بە مادەیێ بازێکی بنیشێتە ســەر بازێکی ، جا ئەبینی باران لە ناویەوە دائەبارێتە خوارەوە ، ئەگەر هــــەواو سەرماو گەرمای (معتدل) بێ • وە دائەپەڕێنێ لە ئاسمانەوە لە چەن کۆمای گەورەی وەکو کێو تەرزە ، ئەگەر لە پاش بوونی بە تنۆکی باران سەرمای بەتین لێی بدا ، جا بەو تەرزەیە ئەدا لە هەرکەسێ خواستی لێ بێ ، لە خۆی یا لە کشتی ، یا لە باخو بێستانوماڵیاتو حەیوانی • وە لایشی ئەدا لــە هەرکەسێ خواستی وابێ کە تووش نەبێ ، نزیکە رووناکی بروسکەی تیژی

ئەو هەورە هێزی ڕووناکی چاو ببا ، وە خودا بە هێزی خۆی شەوو ڕۆژ هەڵئەسووڕێنیو یەکیان لە جێگەی یەك دائەنێ بە هەڵسووڕاندنی ئەستێرەکان لەسەر میزانێ کە بڕیار دراوە ؟ بە ڕاستی لەم کارە گەورە بەنرخانەدا پەندوەرگرتن هەیە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن چاوی سەرن بۆ تەماشاکردنی دیمەنی کائینات ، وە خاوەن چاوی دڵن بۆ حاڵیبوون لە هێزی خودای تەعالا •

(واللهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِنْ ماءٍ ، فَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ ، ومِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلى رِجْلَيْنِ ، ومِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلى أَرْبَعٍ ، يَخْلُقُ اللهُ ما يَشَاءُ • إنَّ اللهَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤٥) لَقَدْ أَنْزَلْنا آياتٍ مُبَيِّنَاتٍ ، واللهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ) (٤٦)

وە خودای تەعالا ئیجادی کردوە هەموو گیانلەبەرێ کە ئەڕوا بە سەر زەویدا بە یاسای عادەت لە ئاوێ کە بەشێکە لە مادەی فیطرەتو دروستکردنی ، یاخود لە ئاوی تۆمی نێرو مێ • جا لەو گیانلەبەرانەیە گیانلەبەرێ کە وەکو مارو گیانلەبەرە خشکیەکان لەسەر سك ئەڕۆن ، وە لەوانەیە بازێ کە لەسەر دوو پێ ئەڕۆن ، وەك ئادەمیزادو پەلەوەر • وە لەوانەیە بازێکی وا کە لەسەر چوار پێ ئەڕوا ، خوا چوار پێی هەبێ وەکو ئاژەڵی ماڵیو دڕندەو ••• تاد ، یاخود پێی زۆر بێ بەڵام هێزی ڕۆیشتنی لەسەر چواریان بێ وەکو هەزارپێ • خودای تەعالا خواستی لە هەرشتێ بێ دروستی ئەکاو هەرکەس بیەوێ شارەزای ئەکا بۆ ڕێگەی ڕاست کە ئایینی ئیسلامە • بە ڕاستی چەند ئایەتی جوانی ڕێنوماییکەرمان نارد ، وە خودا هەرکەسێکی بوێ شارەزای بکا بۆ ڕێگەی چاکە شارەزای ئەکا •

(ويقولُونَ : آمَنَّا بِاللهِ وبِالرَّسُولِ واَطَعْنا ، ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ . وما اولائِكَ بِالمُؤْمِنِينَ) (٤٧)

ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی (بشر) ناوی مونافیقدا نیزاعی بوو لەگەڵ جوولەکەیەکدا ؛ جوولەکەکە بانگی ئەکرد بۆ لای حەزرەت ـ د ـ بۆ داوەریو ئەویش جوەکەی بانگ ئەکرد بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف .

وە بازێ وتوویانە : هاتوەتە خوارەوە لە شانی موغیرەی کوڕی وائیلدا کە نیزاعی بو لەگەڵ عەلیدا لە زەوییەکداو نەدەهات بۆ داوەری لە خزمەتی حەزرەتا .

واتە بیشرو هاوڕێکانی ، یاخود (موغیرە)و هاوڕێکانی بە زمان ئەڵێن : ئێمە ئیمانمان هەیە بە خوداو پێغەمەر ـ د ـ و فەرمانبەردارین ، کەچی لە پاش ئەو قسە پشتهەڵئەکەن لە حوکمی حەزرەت ـ د ـ کە وابێ ئەوانە خاوەن ئیمان نین لە دڵدا .

(وإذا دُعُوا إلى اللهِ ورَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ) (٤٨)

وە کاتێ بانگبکرێن بۆ لای خوداو پێغەمەری خودا بۆ ئەوە حوکم بدا لە ناویانا تەماشا ئەکەی کوتوپڕ تاقمێ لەوان پشت هەڵئەکەنو لووتەلان لەوە بێن بۆ لای حەزرەت ـ د ـ .

(وإنْ يَكُنْ لَهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إلَيْهِ مُذْعِنِينَ) (٤٩)

وە ئەگەر بزانن حەق بۆ ئەوانە بە ملکەچی دێن بۆ لای حەزرەتو فەرمانبەرداری ئەکەن •

(اَفِي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ ؟ اَمِ ارْتَابُوا ؟ اَمْ يَخافُونَ اَنْ يَحِيفَ اللهُ عَلَيْهِمْ ورَسولُه؟! بَلْ اولائِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (٥٠)

ئایا ئەو کۆمەڵە نەخۆشی لە دڵیانایە ؟ یاخود گومانیان لە عەدالەتی حەزرەتدا هەیە ؟ یا خەیر هەر بە راستی ترسیان لەوە هەیە کە خوداو پێغەمەر ستەمیان لێبکەن ؟! حاشا ! خودا ستەمکار نیە ، بەڵکو ئەو کافرانە خۆیان ستەمکارن •

(إنَّما كانَ قَوْلَ المُؤْمِنِينَ إذا دُعَوا إلى اللهِ ورَسُولِهِ لِيَحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا : سَمِعْنَا واَطَعْنَا ، واولائِكَ هُمُ المُفْلِحُونَ (٥١) ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورَسُولَهُ ويَخْشَ اللهَ ويَتَّقْهِ فَاُولائِكَ هُمُ الفَائِزُونَ) (٥٢)

نابێ ببێ وتاری خاوەن ئیمانان کاتێ بانگبکرێن بۆ لای خوداو پێغەمەری خودا بۆ ئەوە حوکم بدا لە ناویانا ئەوە نەبێ بڵێن : بیستمانو ملکەچ بووینو ئامادەین بۆ فەرمانی حەزرەت • جا ئەو جۆرە موسوڵمانانەن کە رزگارو سەرفرازن •

وە هەرکەس ئیطاعەی خوداو پێغەمەر بکاو لە خودا بترسێو تەقوای خودا بکاو لە سزای ئەو بترسێ •• ئەوە ئەوانە گەیشتوون بە رەزای خوداوەند •

(واَقسَمُوا بِاللهِ ـ جَهْدَ اَيمانِهِمْ ـ لَئِنْ اَمَرْتَهُمْ لَيَخرُجُنَّ ! قُلْ : لا تُقسِمُوا ، طَاعَةٌ مَعرُوفَةٌ ! إِنَّ اللهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعمَلُونَ) (٥٣)

ئەم ئايەتە نازڵبوو لە شانی مونافیقەکانا : پاش ئەوە کە دەرکەوت حوکمی حەزرەتیان پێ خۆش نیە هاتن لە خزمەتی حەزرەتدا دەستیان کرد بە سوێندخواردن : ئەگەر تۆ بفەرموویت : لە خانەو ماڵی خۆمان دەرچین دەرئەچین ئەوەندە ملکەچی تۆین •• جا خودا ئەفەرموێت : قەسەمیان خوارد بە خودا بە سوێندی زۆر بەهێز کە ئەگەر تۆ ئەمر بکەی پێیان لە ماڵی خۆیان دەرچن دەرئەچن ، جا تۆ ، ئەی خۆشەویست ، پێیان بڵێ : ئێوە ئەم سوێندانە مەخۆن ، ئەوەی مەقسوودە لە ئێوە هەر ئیطاعەیێکی مەعرووفە کە لەسەر عورفو عادەت باش بێ [یا سوێند مەخۆن ، پێویست بە سوێندخواردن ناکا ، ئیشو کاری ئێوە ئیشو کارێکی دیاریو ناسراوە •] بە راستی خودا ئاگادارە بەوەی ئێوە ئەیکەن •

(قُلْ : اَطِيعُوا اللهَ واَطِيعوا الرَّسُولَ ، فَإِنْ تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وعَلَيْكُمْ ما حُمِّلْتُمْ ، وإِنْ تُطِيعوهُ تَهْتَدُوا ، ومَا علَى الرَّسولِ إِلاَّ البَلاغُ المُبِينُ) (٥٤)

تۆ ـ ئەی خۆشەویست ـ پێیان بفەرمو : ئیطاعەی خوداو پێغەمەری خودا بکەن ، جا ئەگەر ئەوان پشتیان هەڵکرد ئەوە پێغەمەر ـ د ـ ئەوەی لەسەرە کە کراوە بە باری شانی کە گەیاندنی پەیامی خودایەو ، لەسەر ئێوەیشە ئەوەی کە کراوە بە باری شانتان کە پەیڕەوی رەهبەرانە لەوەدا کە

لە لای خوداوە هێناویانە ، بەڵێ ئەگەر ئیطاعەی بکەن شارەزای رێگەی پیرۆزی ئەبن ، وە پێغەمەر تەنها گەیاندنی ئەحکامی خودای لەسەرەو بەس.

(وعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، ولَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ . ولَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً،يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً،ومَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذلِكَ فَأُولائِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ) (٥٥)

خودای تەعالا وەعدەی داوە بەوانەی کە ئیمان دێنن لە ئێوەو کردەوەی چاکە ئەکا کە بیانهێڵێتەوە لە زەویدا وەکو چۆن ئەوانەی لە پێش ئێوەدا بوون مانەوە لە زەویداو دەستیان پەیدا کردو ، ئەو دینو ئایینە کە خۆی هەڵیبژاردوەو پێی رازی بوە بۆ ئەوان بۆیان دابمەزرێنێ ، وە لە پاش ترسو بیم ئەوانەیان بۆ ئەگۆڕێتەوە بە ئەمنو ئاسایشو حورمەت ، جا ئەوانیش بەندەیی بۆ من ئەکەنو هەرگیز هاوڕێم بۆ بڕیار نادەن ، جا پاش بەجێهێنانی ئەم بەڵێنەو دامەزراندنی خۆیان هەرکەس کافر بێو پاشگەز ببێتەوە پاش ئەم هەموو رەحمەتی منە ئەوە بێگومان بە فاسقو دەرچوو لە یاسای ئیسلام ئەناسرێ . پەنا بە خودا !

(وأَقِيمُوا الصَّلاةَ وآتُوا الزَّكَاةَ وأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) (٥٦)

نوێژەکەتان بەجێبێنن‌و ، زەکاتی ماڵتان بدەن‌و ، فەرمانبەری پێغەمەر بکەن لە هەموو کارێکداو بە هەموو بارێ لە چاك‌و خراپا بەڵکو خودا رەحمتان پێ بکا •

(لا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الأَرْضِ ، ومَأْواهُمُ النَّارُ ، ولَبِئْسَ المَصِيرُ) (٥٧)

وە گومان مەبە ئەوانەی کافرن خودا عاجز ئەکەن‌و لە دەستی دەرئەچن لە زەویداو ئەوانە جێگەو شوێنیان ئاگری دۆزەخەو دۆزەخیش شوێنێکی زۆر خراپە •

(يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنْكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمانُكُمْ والَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الحُلُمَ مِنْكُمْ ثَلاثَ مَرَّاتٍ ، مِنْ قَبْلِ صَلاةِ الفَجْرِ ، وحِينَ تَضَعُونَ ثِيابَكُمْ مِنَ الظَّهِيرَةِ ، ومِنْ بَعْدِ صَلاةِ العِشَاءِ ، ثَلاثُ عَوْراتٍ لَكُمْ ، لَيْسَ عَلَيْكُمْ ولا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ ، طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ بَعْضُكُمْ عَلى بَعْضٍ ، كَذلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمُ الآياتِ ، واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٥٨)

ریوایەت کراوە : کە غولامی ئەسمای کچی (ابو مرشد) رۆیشتە ماڵەوە بەسەر ئەسمادا لە کاتێکا کە پێی ناخۆش بو ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

وە لە ریوایەتێکی تردا ئەفەرموێت : حەزرەت ــ د ــ (مدلج)ی کوڕی عەمری ئەنصاری نارد بۆ لای عومەر کە بانگی بکا ، عومەر لەو کاتەدا خەوتبوو پۆشاکی لەبەرا نەبوو ، عومەر پێی ناخۆش بوو کابرا بەو شێوە بیبینێ ــ کە بینی ــ جا عومەر فەرمووی : خۆزگا خودای تـەعالا ئایەتێکی بناردایە مەنعی بکردینایە ! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

ئەفەرموێت : ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا ، با داوای ئیجازەتان لێ بکەن بۆ هاتنەماڵەوە ئەو بەندانە کە موڵکی ئێوەن‌و ئـــەو منداڵانەیش کە نەگەیشتوونەتە کاتی ئیحتیلام لە سێ کاتا : لە پێش نوێژی بەیانیداو ، لەو کاتەدا کە پۆشاکتان دائەنێن لە نیوەڕۆداو ، لە پاش نوێژی عیشا • لەم سێ کاتەدا کە کاتی رووتی لەشی ئێوەیە • ئیتر نە ئێوەو نـــە ئەوان گوناحتان لەسەر نیە ئەگەر لە پاش ئەو کاتانە بێ ئیزن هاتوچۆی یەکتر بکەن • بەم شێوە خودای تەعالا حوکمەکانتان بۆ روون ئەکاتەوەو خودا زانایە بە حاڵی ئێوەو بە حیکمەتە لە تەشریعاتا •

(وإِذَا بَلَغَ الأَطْفالُ مِنْكُمُ الحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَـــا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، كذلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمْ آياتِهِ ، واللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٥٩)

وە کاتێ کە منداڵانی خۆتان گەیشتنە کاتی باڵغ‌بوون‌و موکەلەف بوون بە ئەحکام با ئەوانیش لە وەختی هاتوچۆو زیارەتا داوای ئیجازە بکەن لـــە خاوەنی ئەو خانوە کە ئەڕۆنە ناوی وەکو داوای ئیجازە ئەکەن ئەو پیاوانە کە لە پێشدا باسمان کردن ، واتە پێویستە لە هەموو کاتێکا داوای ئیـــزن بکەن ، نەك هەر لەو سێ کاتەدا کە باسمان کردن • خودا بەم جۆرە ئەحکامی خۆیتان بۆ بەیان‌ئەکاو خودا زاناو خاوەن حیکمەتە •

(والقَواعِدُ مِنَ النِّساءِ اللاَّتِي لاَ يَرْجُونَ نِكَاحاً فَلَيْسَ عَلَيهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ ، وأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ ، واللهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (٦٠)

ئەم ئایەتە پیرۆزە لە مەعنای ئیستیثنادایە لە فەرموودەی پێشوو کە خودای تەعالا فەرمووی : (با بە سەرپۆشەکانیان بەرۆکو سنگیان داپۆشن) جا ئەفەرموێ : ئەو ژنانەی کە لە بەر پیریو ناتەوانی لە ماڵدا کەوتوونو دانیشتوونو هیوای شووکردنیان نیەو کەڵکی هیچیان پێوە نیە •• ئەوە گوناحیان ناگا ئەگەر جلی داپۆشەری زینەتی بەدەنیان دابنێنو نەیکەنە بەر • واتە ئەو سەرپۆشو سینەو بەرەك پۆشە کە ژنان ئەیانکەن بە پەردەی داپۆشەرێ جوانییان بۆ ئەو پیرەژنانە دروستە فڕەی بدەن ، بە مەرجی ئەوە خۆیان نەنوێنن بەو خشڵو شتەوە کە بۆ جوانی وا بە لەشیانەوە•بەڵام ئەگەر هەر هەوڵی ئەوە بدەن خۆیان داپۆشنو سەرپۆشو شتەکەیان لانەبەن باشترە بۆیان ، وە خودای تەعالا وتاریان لەگەڵ پیاواندا ئەبیسێو ئاگای لە گوفتاریانە ئەگەر ساف بێ یا توێکڵدار بێو زانایە بە رازی دەروونیان •

(لَيْسَ عَلَى الأَعْمى حَرَجٌ ، ولاَ عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ ، ولاَ عَلَى المَرِيضِ حَرَجٌ ، ولاَ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَنْ تَأْكُلُوا مِنْ بُيوتِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ آبائِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ أُمَّهاتِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ إِخْوانِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ أَخَواتِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ أَعْمَامِكُمْ ، أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ أَخْوالِكُمْ ، أَوْ بُيوتِ

خَالاتِـكُمْ ، اَوْ ما مَلَكْتُمْ مَفَاتِحَهُ ، اَوْ صَدِيقِكُمْ ، لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ اَنْ تَأْكُلوا جَمِيعاً اَوْ اَشْتاتاً ، فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتاً فَسَلِّمُوا عَلَى اَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللهِ مُبارَكَةً طَيِّبَةً، كَذلِكَ يُبَيِّنُ اللهُ لَكُمُ الآياتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)(٦١)

موفەسیرەکان لە تەفسیری ئـــەم ئایەتەدا فەرموویانە : بۆ هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە گەورە وەختی خۆی کوێرەکانو شـــەلەکانو ناساغەکان بە لایانەوە باش نەبوو کە بڕۆن بۆ ماڵی ئەوانەی ناویان براوە لەم ئایەتەدا ، لەبەر ئەوە کوێر بە هەموو لایەکدا دەست ئەگێڕێ لەســەر سفرەو ، ئینسانی شەل شوێنی زۆر ئەگرێ بۆ دانیشتنو ، گەلێ جــار جێگەی لەسەر خەڵك تەنگ ئەکرد ، وە ناساغەکانیش ئەترسان لەوە کــە خەڵك تەرێزیان لێ بکەن ، لەبەر ئەوە گەلێ دوورئەکەوتنەوە لە قەرەباڵغ لەو ماڵانەدا کە ناوبراون لەم ئایەتەدا ، جا خودا بۆ دەفعی ئەو (استكراه)ە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ، واتە حەرەجو ناباریو نارەوایی دینی نیــە لەسەر کوێرو لەسەر شەلو ناساغ کە بێن لەگەڵتانا نان بخۆن • وە هەروا تاوان نیە لەسەر نەفسی خۆیشتان بە تەنیا یاخود لەگەڵ ئەم سێ بەشەدا کە نان بخۆن لە ماڵی ئەولادتانا کە وەکو ماڵی خۆتانە ، یا لە ماڵی باوکەکانتانا ، یا لە ماڵی دایکەکانتانا ، یا براکانتان ، یا خوشکەکانتان ، یا مامتان ، یــا پوورتان ، یا خاڵتان ، یا خالة ــ خوشکی دایکتان ــ ، یا لە ماڵی کەسێکدا کە کلیلەکانتان وەرگرتووەو بوون بە خاوەنی ، بە جێگری یا بە ئەمینداری ، یا لە ماڵی دۆستو برادەرتان کە هەمووتان بە یەکەوە یا بە جیاجیا دابنیشنو نانی تێدا بخۆن ، جا کاتێ چوونە ناو ماڵێ لەم ماڵانە ئەوە سەلام بکەن لەسەر کەسانێ کە ئەوانە خۆتانن ، یانی وەکو خۆتانن ، بە سەلامێکی وا لە لای

خوداوە هاتبێ‌و فەرمانی پێ درابێ . کە ئەو سەلامە پیرۆزە ؛ چونکی لە خوداوە هاتوە ؛ وە جوانیشە چونکی دڵی پێی خۆش ئەبێ . ئاوەها بەو شێوە خودای تەعالا ئایاتی قورئانتان بۆ رەوانە ئەکا بە هیوای ئەوە کە ئێوە زانا بین بە ئادابی ئیسلام‌و شێوەی موسوڵمانان لە هەستان‌و دانیشتنا .

ریوایەت‌کراوە لە ئەنەسەوە کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : کاتێ گەیشتی بە یەکێ سەلامی لێ بکە عومرت درێژ ئەبێ . وە کاتێ چوونە ماڵەوە سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە خێراتتان زۆر ئەبێ . وە نوێژی چاشتەنوێژیش بکەن ؛ چونکی ئەو نوێژە نوێژی ئەو پیاوە باشانەیە کە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا .

وە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە : سەرەتای ئەم ئایەتە کە (لیس علی الاعمی حرج)ە تا ئەگاتە (ولا علی انفسکم) پەیوەندی بە مەوزووعی خواردنەوە نیە ؛ بەڵکو بۆ ئەوە هاتوەتە خوارەوە کە بەیانی رەفعی حەرەج‌و تاوان بکا لە کوێر لەو شتانەدا کە پێویستی بە چاوە . وە لە شەل لەو شتانەدا کە پێویستی بە پێی ساغە . وە لە نەخۆش لەو شتانەدا کە بە نەخۆش ناکرێن‌و ئینسانی ساغیان ئەوێ . بە کورتی ئەم کوێرو شەل‌و نەخۆشە مەعذوورن لە نەکردنی ئەو شتانەدا کە مەعذوورن تیایانا . ئەمجار لە جوملەی (ولا علی انفسکم ... تا دوایی) باسی خواردنە لەو ماڵانەدا وەکو باسمان کردن .

وە قازی بەیضاوی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی : یا حوکمی ئەم ئایەتە لە سەرەتای زەمانی ئیسلامدا بوە کە خەڵکی گەدا زۆر بوون ؛ لەبەر ئەوە خودا ئەمەی دامەزراندوە کە ئینسان لەم ماڵانەدا دروستە خواردن بخواو ، لە پاشان نەسخ کراوەتەوە .

وە یا ئەگەر حوکمەکە ئیستیمراری بێ ؛ واتە دەوامدار بێ ، ئەبێ حوکمی ئەم ئایەتە مەشرووط بێ بە حاڵی ئیزنی خاوەن ماڵ ، یا ظەنی رەزای

خاوەن ماڵەکە بە گوێرەی قەرینەیێ ، ئەگەرنا بەڵگەگـــەڵو ئوصوولی ئەحکامی ئیسلام لەسەر ئەوەن دروست نیە ئینسان بە بێ هۆیەك ماڵی خەڵکی بخوات • بە کورتی ئینسان بە بێ ئەوە مافێکی رەوای ببێ لــە ماڵێکدا دروست نیە بە هیچ جۆرێ شتێ بکا لەو ماڵە ، بە خواردن یا بە غەیری خواردن مەگەر بە صەریحی ئیذنی ئەو خاوەن ماڵە یا بە عیلم بە رەزا یا بە ظەنی رەزا بە ظەنێکی وا ئیسناد بدرێ لەسەر قەرینەیێ •

(إنَّما المُؤْمِنونَ الَّذِين آمَنُوا بِاللهِ ورَسُولِهِ ، وإذ كانُوا مَعَهُ عَلى اَمْرٍ جَامِعٍ لَمْ يَذْهَبُوا حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ ، إنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ اُولائِـــكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ ورَسُولِهِ ، فَإذَا اسْتَأْذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَنْ لِمَنْ شِـــئْتَ مِنْهُمْ ، واسْـــتَغْفِرْ لَهُمُ اللهَ ، إنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٦٢)

ریوایەتکراوە : ئەم ئایەتە نازڵ بوە لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقدا لە خواری مەدینەی مونەوەرەوە لە ساڵی هێرشی ئەحزابدا کە ساڵی پێنجی کۆچی بو • وە لەو کاتەدا گەلێ لە مونافیقان ئەهاتن داوای ئیزنیان لـــە حەزرەت ـــدـــ ئەکرد ، وە عوزریان ئەهێنایەوە بە بازێ عوزری دووری بێ ئەصڵ •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : خاوەن ئیمانەکان (واتە ئیمانی تەواو) ئەوانەن کە ئیمان دێنن بە خوداو پێغەمەری خوداو ، کاتێ لەگەڵ حەزرەتا بوون بۆ کارێکی گرنگ ، وەکوو گردکردنەوەی خـــەڵك لە لایـــەنی

حه‌زره‌ته‌وه بۆ راوێژ له کاری جه‌نگدا ، یاخود بۆ نه‌فسی جه‌نگکردن ، یا بۆ به‌جێهێنانی سوننه‌تێ له دینا نه‌ڕۆن‌و حه‌زره‌ت به‌جێ نه‌یه‌ڵن تا ئیزنی لێ وه‌رئه‌گرن • به راستی ئه‌و که‌سانه که داوای ئیزنت لێ ده‌که‌ن ئه‌وانه ئه‌و که‌سانه‌ن که ئیمانی راستیان هه‌یه به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا • جا کاتێ داوای ئیجازه‌یان لێ کردی بۆ بازێ کاریان ، کێیان ئاره‌زووت بوو ئیزنی بده‌ی رێگه‌ی بده یا بڕواو داوای لێخۆشبوونیشیان بۆ بکه له خودا ؛ چونکی ئه‌و کاته کاتی ده‌رچوون نه‌بوه ، به راســــتی خودا میهره‌بانه‌و له‌وانه‌یه‌خۆش ببێ له کاری ناباریان •

(لاَ تَجْعَلُوا دُعاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضاً)

کاتێ که حه‌زره‌ت ــدــ بانگ ئه‌که‌ن ئه‌و بانگکردنی ئــــه‌وه وه‌کو بانگکردنی خه‌ڵکی تر نیه‌و پێویسته بۆ ئه‌م به‌ڕێز بن ، که وابێ هه‌ڵس‌و که‌وتتان له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تاو بانگکردنی مه‌که‌ن به بانگکردنی بازێکتان بــۆ بازێکتان ، به‌ڵکو به شێوه‌ی رێز وه‌کو (یا رسول الله) و (یا نبی الله)و به شێوه‌ی ئه‌ده‌ب‌و ده‌نگی نزم‌و له‌گه‌ڵ حه‌یادا بێ •

وه یاخود کاتێ حه‌زره‌ت ئێوه بانگ بکا بۆ کارێ ئه‌و بانگکردنه بــه سووك ته‌ماشا مه‌که‌ن‌و زوو بڕۆن به‌ده‌نگیه‌وه •

وه یاخود خۆشبوونی ئه‌و له ئێوه له کاتی قارا وه‌کوو دۆعاکردنی بازێکتان له بازێکتان نیه ، ئه‌و دۆعاکه‌ی زۆر زوو کار ده‌کاو خودای ته‌عالا لێی وه‌رئه‌گرێ ، جا خۆتان له‌وه لاده‌ن •

(قَدْ يَعْلَمُ اللهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِواذاً)

بە راستی خودا ئەزانێ بەوانەتان کە لە ئێوە ئەبچڕێن‌و لە کۆمەڵی حەزرەت جیائەبنەوەو خۆیان ئەدزنەوە ، بە شێوەی پەنابردن بە خەڵك ، واتە خۆی ئەداتە پەنا شتێ یا کەسێ بۆ ئەوە پێی نەزانرێ .

(فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ اَمْرِهِ اَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ ، اَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ اَلِيمٌ) (٦٣)

واتە با خۆیان بپارێزن ئەو کەسانە کە سەرپێچی لە ئەمری حەزرەت ئەکەن لەوە کە لە دنیادا تووشی ئاشووبێك ببن ، یا لە رۆژی قیـــامەتدا سزایەکی سەختیان پێ بگات .

(اَلا إِنَّ للهِ ما فِي السَّماوَاتِ وَالاَرْضِ ، قَدْ يَعْلَمُ مَا اَنْتُمْ عَلَيْهِ ، وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا ، وَاللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٦٤)

بێداربن ! بە راستی هەر بۆ خودایە ، بە بێ پەیوەندی کەس ، ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا لە مادەو لە فریشتەکان‌و ئەستێرەکان‌و ئەوەیش وا لـە زەویدا لە جەمادات‌و نەباتات‌و حەیوانات . بە راستی خودا زانایە بەو حاڵە کە ئێوە وان لەسەری‌و بەو رۆژە کە ئێوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای خودا تیایا . جا خودای تەعالا خەبەرداریان ئەکا بەوەی کردوویانە ، وە بەو پاداش‌و تۆڵەیش بۆیان دانراوەو خودا بە هەموو رازو نیازو کارو کرداری ئەزانێ .

سورەتي فورقان مەكيیە ئايەتەكاني ٦٨و ٦٩و ٧٠ نەبێ ئەوانە مەدەنین ، حەفتاو حەوت ئايەتە ، دواى سوورەتي یاسین هاتوەتە خوارەوە ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الفُرْقانَ عَلى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلعَالَمِينَ نَذِيراً (١) الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّماوَاتِ والأَرْضِ ، ولَمْ يَتَّخِذْ وَلداً ، ولَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي المُلْكِ ، وخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيراً) (٢)

ماشەڵلا چەنێ گەورەیەو چەنێ فەڕی زۆرە ئەو خودایە کە بەش‌بەش‌و پلەپلە ئایاتی قورئانی ناردوە بۆ سەر بەندەی خاوەن پایەی خۆی کە محمدە، ئەو قورئانە کە جیاوازی‌خەرە لە نێوان حەق‌و بەتالا ، خودایەکی ئەوتەو کە سەرداری زەوی‌و ئاسمانەکان بۆ ئەوەو بەس ٠ وە هەرگیز فەرزندو نەتەوەی بۆ خۆی بڕیار نەداوەو هاوڕێی نەبوە لە سەرداریداو هەموو شتێ کە بووبێ بە سەرەتای ئاثار ئەو دروستی کردوەو لە نەبوونەوە هێناویەتی بۆ بوون ، وە ڕێکی خستوەو ئامادەی کردوە بۆ ئەو بیرو باوەڕو کارو کردەوەو خوو ڕەوشتە کە پەیوەندی ئەبێ پێیەوە ٠

(واتَّخَذُوا مِنْ دونِهِ آلِهَةً لا يَخْلُقونَ شَيْئاً وهُمْ يُخْلَقُونَ ، ولا يَمْلِكُونَ لِأَنْفُسِهِمْ ضَرًّا ولاَ نَفْعاً ، ولاَ يَمْلِكُونَ موْتاً ولاَ حَياتاً ولاَ نشُوراً) (٣)

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاشکرایە خودای جیهان خودایەکی تاقو بێ باکەو هەر ئەو سەرداروو خاوەن دەستەڵاتە بەسەر عالەمی غەیبو شەهادەتا • ئەو کافرە موشریکانە بڕیاریان داوە بۆ خۆیان چەن مەعبوودێکی نابوودی نارەسای وەها کە ناتوانن هیچ شتێ دروست بکەن ، بەڵکو خۆیان دروستکراون ، وە خاوەن دەستەڵات نینو دەستیان بەسەر هیچ سوودو زیانێکدا نارِوا بۆ خۆیانو دەستیان نارِوا بەسەر مردنو زیندوێتیو بەسەر زیندووکردنەوەی پاش ماوەی مردندا کە ناوی مەعادە •

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : إِنْ هذا إلاَّ إِفْكٌ افْتَراهُ وأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُون ، فَقَدْ جَاؤُا ظُلْماً وزُوراً (٤) وقَالُوا : أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلى عَلَيْهِ بُكْرَةً وأَصِيلاً) (٥)

کافرەکان لە مەقامی تانەدان لە قورئاندا ئەڵێن : ئەم قورئانە هەر چەند وتارێکی درۆیە کە هەڵیبەستووەو یارمەتییان داوە لەسەر ئەم هەڵبەستنە گەلێ تر ، بە راستی ئەمانە ئەم قسەیانە کردوە ستەمکاریو درۆزنییەکی گەورەیان کردوە • وە بازێکی تر لە کافرەکان وتیان : ئەم قورئانە لە قسە کۆنە نووسراوەکانە کە گردیکردوونەتەوەو نووسیونیەتەوە بە هۆی نووسەرێکەوە بۆی ئەنووسێتەوەو بەیانیو ئێوارە ئەیخوێنێتەوە بەسەریاو،

ئه‌ویش له‌به‌ری ئه‌کاو جا پاش ئه‌وه ئه‌یخوێنێته‌وه به‌سه‌ر هاوڕێکانیا • به‌ کورتی ئه‌م قورئانه ــ وه‌ك ئه‌وانه ئه‌ڵێن ــ چیرۆكو ئه‌فسانه‌ی پێشینانه‌و نووسه‌رێك بۆی ئه‌نووسێته‌وه‌و پێی له‌به‌ر ئه‌كاو ئه‌ویش ــ واته پێغه‌مه‌ــدــ ئه‌یخوێنێته‌وه به‌سه‌ر خه‌ڵكدا •

(قُلْ : أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ، إِنَّهُ كَانَ غَفُوراً رَحِيماً) (٦)

جا تۆ ئه‌ی ره‌هبه‌ری خۆشه‌ویست له وه‌ڵامی ئه‌م قسه‌و گومانیانه‌دا پێیان بڵێ : ئه‌و قورئانه ئه‌فسانه نیه ، به‌ڵكو ئایاتی خودایه‌و ناردوویه‌تیه‌ خواره‌وه بۆ لای من ، ئه‌و خودایه كه زانای هه‌موو رازێكی په‌نهانه له‌ ئاسمانو زه‌ویداو به هه‌موو رووداوێكی كۆنو تازه‌و ئیسته‌و داهاتوو ئه‌زانێو ، زانایه به نهێنیه‌كانی هه‌موو ئه‌ستێره‌كانو چلۆنی هاتوچۆیانو سووڕانه‌وه‌یان ، بۆیه وا ئه‌م قورئانه باسی رووداوی كۆنو ئه‌وه‌ی روو ئه‌دا له پاشه‌ڕۆژا ئه‌كات • وه بۆیه هه‌موو نهێنیه‌كانی ئه‌ستێره‌مان به كورتی بۆ باس ئه‌كا ، وه ئه‌م رووداوو نهێنیانه له‌وانه نین به ئه‌فسانه‌ی كۆن بزانرێن ، زیاد له‌وانه ئه‌و شێوازه‌و ئه‌و یاسایه كه بۆ قورئان هه‌یه له‌ رێكخستنی جومله‌كانیا له عیباره‌تی عه‌ره‌بی تردا نیه ، جا كه‌لامێ وه‌ها بێ مه‌علوومه كه‌لامی خودایه ، وه خودا ئه‌زانێ ئێوه به عه‌نادو جه‌هل ئه‌م قسانه ئه‌كه‌ن ، وه ئه‌گه‌ر خودا له‌گه‌ڵتانا میهره‌بان نه‌بوایه ، یاخود مولاحه‌زه‌ی ئه‌و ئه‌ولادانه‌ی نه‌كردایه كه له پاش ئێوه دینی ئیسلام وه‌رئه‌گرنو سوودیان بۆ عالەم ئه‌بێ •• له تۆڵه‌ی ئه‌م قسه نابارانه‌دا ئێوه‌ی له‌ناو ئه‌برد ، به‌ڵام خودا تاوانبه‌خشو میهره‌بانه بۆیه چاوپۆشیتان لێ ئه‌كا •

(وقَالُوا : مَا لِهذا الرَّسولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ ، وَيَمْشِي فِي الأَسْوَاقِ ؟ لَوْلا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فيَكُونَ مَعَهُ نَذِيراً ؟ (٧) أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ ، أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْها ؟ وقالَ الظَّالِمُونَ : إِنْ تَتَّبِعونَ إِلاَّ رَجُلاً مَسْحوراً ! (٨) أُنْظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الأَمْثَالَ ، فَضَلُّوا فَلا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلاً) (٩)

ئەو کافرانە بۆ بەرھەڵستی پەیامی پێغەمەر ــ د ــ ئەڵێن : ئەگەر ئەو زاتە رەھبەر بوایە ئەبوو حاڵی لەگەڵ حاڵی ئێمەدا جیاواز بوایە ؛ ئێستە بۆچی وەکوو ئێمە خواردن ئەخواو بە بازاڕا ئەگەڕێ ؟ بۆچی فریشتەیێ لە ئاسمانەوە نەھاتە خوارەوە بۆ لای ھەتا لەگەڵیا بوایێو خەڵکی بترسانایێ لە سزای خودا ؟ یاخود بۆچی خەزێنەیێ لە زێڕو زیوی بۆ نەخراوەتە خوارەوەو نەخراوەتە بەر دەستی تا بیکا بە ھۆی ژیانی خۆیو ژیانی پەیڕەوەکانیو بە ھۆی رەغبەتی خەڵکیش بۆ لای ئەو ؟ یاخود ئەگەر خەزێنەی بۆ نەھات بۆچی بێستانێکی نیە کە لە بەرەکەی بخوات ؟

وە ئەو ستەمکارانە پاش ئەم بەرھەڵستییە بێ نرخە وتیان : مادام ئەم شەخصە یەکێ لەم تەئییداتەی نیە ، وەدەرکەوت کە پێغەمەر نیە ، دیارە کە ئینسانێکە جادوولێکراوەو بیرو ھۆشی نەماوەو لە خۆیەوە قسەی پڕو پووچ ئەکا .

جا ئەی خۆشەویست بڕوانە بۆ ئەو بێ مارینەتانەو ئەو بێ روشدانە چلۆن ئەو وتارە نابارانەیان وتو رێگەیان لە خەڵك ونکرد تا بە جارێ

گومرا بوون لە ڕێگەی ناسینی ئەحوالّی واقیعی تۆ کە سیفەتی ریسالەتە ؟ ئیتر وایان لێ هات کە نا توانن ڕێگەی رزگاری بگرن •

وە ئەگەر گومڕاو بەدبەخت نەبوونایێ ئەیانزانی کە حالّی پێغەمەران بانگکردنی خەڵکە بۆ ڕێگەی باوەڕکردن بە پەروەردگاری عالەمو هەستکردن بە لێپرسراوی‌و تێکۆشین بۆ خوو ڕەوشتی بەرز • وە عادەتی خودا وا نەبوە کە فریشتە لە ئاسمانەوە ڕەوانە بکاتە خوارەوە ، وە ئەگەر فریشتەی ڕەوانە بکردایە ئیتر کەس ماوەی قسەی نەدەماو دین وەرگرتن ئەبوو بە کارێکی ئیجباری لەسەر هەموو کەس ، ئەو کاتە فەزڵو پایەیێ نەدەما بۆ ئەو کەسە کە موسوڵمان بوە ؛ چونکی بە ناچار موسوڵمان بوەو لە فریشتە ترساوە •

هەروا عادەتی خودا وا نەبوە کە بە ماڵو دارایی‌و بە باخو بێستان کاری پێغەمەران بخاتە ڕێ ؛ چونکی ئەم جۆرە کارانە خزمەتی ئارەزووبازی‌و شەهوەتڕانی‌و دنیاخوازی ئەکەن ، وە پێغەمەران بۆ ئەوە ڕەوانە ئەکرێن کە نەفس بشکێنن‌و ماوەی خەیاڵاتی شەیتانو نەتەوەی نەدەن لە دڵو دەروونی عالەماو . پەیوەندی پەیدا بکەن لە نێوان بەندەو مەعبوودا بە بەندەیی‌و طاعەت‌و ڕووکردن لە زاتی باری‌و چاوەڕێ‌کردن بۆ ڕژاندنی بارانی ڕەحمەت بەسەر دڵو دەروونا •

(تَبارَكَ الَّذي إنْ شاءَ جَعَلَ لَكَ خَيْراً مِنْ ذلِكَ:جَنَّاتٍ تَجْري مِنْ تَحْتِها الأنْهارُ:ويَجْعَلْ لَكَ قُصُوراً (١٠)؛بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ ، وأعْتَدْنا لِمَنْ كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعيراً) (١١)

زۆر گەورەو خاوەن فەڕە ئەو خودایە کە ئەونە خاوەن دەستەڵاتە ئەگەر خواستی لەسەر بێ لەم دنیادا شتێکت پێ ئەدا کە باشترو خاوەن

سوودترە لەوەی کە ئەوان وتیان کە عیبارەتە لە چەن باخێ کـــە جۆباری زەلاڵو سافو رووناك لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان بێو چەن عەمارەتو قەسرێکیشت پێ ئەدا ، بەڵام ئێستە لەم دنیادا ئەمە ناکا بۆ ئەوە لە دنیادا بێی بە ئیمامو پێشەوای ئەوانە کە خزمەتی رۆحو ئەخلاقو صەفای دڵو دەروون ئەکەن • بەڵام ئەی خۆشەویست تۆ واز بێنە لە باسی ئەو کافرانەو لە واتە شێتانەکەیان ، ئەوانە کۆمەڵێکن ئینکاری هاتنی قیامەتیان کردوەو چاویان هەر لە دنیاوەیە بۆیە ئەو قسانە ئەکەن ، وە ئێمە ئامادەمان کردوە بۆ ئەوانە کە ئینکاری قیامەت ئەکەن ئاگرێکی بەتینو نابار •

(إِذَا رَأَتْهُمْ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا) (١٢)

کاتێ ئەو ئاگری دۆزەخە چاوی ئەکەوێ بەمان ، واتە کاتێ ئـەو ئاگرە دەرکەوت بەو شـێوە ئامادەکراویە •• دەنگو ناڵەیەکی رقاوی لەو ئاگرە ئەبیستن ، دەنگێ کە لەناو دڵەوە دێتە دەرەوە •

(وَإِذَا أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا) (١٣)

وە کاتێ ئەم کافرانە بهاوێنرێنە شوێنێکی تەنگی نارِەسا لە دۆزەخدا بە دەست بەملەوە بەسراوی هاوار ئەکەنو داوای ماڵوێرانی بۆ خۆیان ئەکەن•

(لَا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا) (١٤)

جا لە لایەنی فریشتەی مەئمووری دۆزەخەوە پێیان ئەوترێ : ئیمڕۆ یەك جار هاوارو داوای ماڵوێرانی مەکەن ، بەڵکو زۆر هاوار بکەنو داوای ماڵکاولی زۆر بکەن •

(قُلْ : اَذلِكَ خَيْرٌ اَمْ جَنَّةُ الخُلْدِ الَّتي وُعِدَ المُتَّقُونَ، كانَتْ لَهُمْ جَزَاءً ومَصيراً ؟ (١٥) لَهُمْ فيها ما يَشاؤُنَ خالِدينَ ، كانَ عَلى رَبِّكَ وَعْداً مَسْؤُلاً) (١٦)

جا ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە : ئایا ئەو سزا ناباری ڕۆژی قیامەتە باشە یا ئەو بەهەشتە هەمیشەییە کە لەسەر بەڵێن دراوە بە موسوڵمانە خاوەن پارێزەکان ، وە بڕیاردراوە بۆیان لە پاداشی ئیمانو کـــــردەوەی چاکەداو ئەو بەهەشتە جێگەو مەڵبەندی پاشەڕۆژی ئەو موسوڵمانانەیە ؟

وە هەیە بۆ موسوڵمانەکان لەو بەهەشتانەدا هەرچی دڵیان داوای بکاو حاڵیان وەهایە ئەمێننەوە تیایا هەتا هەتایەو ئەم پاداشە بەڵێنی پێدراوە لـــە لایەنی خوداوەو داواکراوبوە لە لایەنی بەندەکانی خوداوە • واتە کاتی خۆی موسوڵمانان لە ماوەی ژیانی دنیادا داوای ئەو بەهەشتانەیان لە خودا کردوەو خودایش فەرموویەتی بە پێغەمەران کە لە لایەنی خوداوە بەڵێنیان پێدراوەو خودا جێبەجێی ئەکا •

(ويَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وما يَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ، فَيَقُولُ : أَأَنْتُمْ اَضْلَلْتُمْ عِبادي هؤلاءِ اَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبيلَ ؟ (١٧) قالُوا : سُبْحانَكَ ما كانَ يَنْبَغي لَنَا اَنْ نَتَّخِذَ مِنْ دونِكَ

مِنْ أَوْلِياءَ ، ولكنْ مَتَّعْتَهُمْ وآباءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وكانُوا قَوْماً بُوراً (١٨) فَقَدْ كَذَّبُوكُمْ بِما تَقُولُونَ ، فَما تَسْتَطِيعُونَ صَرْفاً ولاَ نَصْراً ، ومَنْ يَظْلِمْ مِنْكُمْ نُذِقْهُ عَذَاباً كَبِيراً) (١٩)

لەو رۆژەدا کە خودای تەعالا ئەو کافرانە حەشر ئەکا لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەوان بەندەییان بۆ ئەکردن بێجگە لە خودا ، وەکو عوزەیرو ، مەسیح •• خودای تەعالا ئەفەرموێت بەو کەسانە کە کافرەکان عیبادەتیان بۆ کردوون : ئایا ئێوە ئەم بەندانی ئێمەتانە گومڕا کردوە یاخود ئەوان خۆیان گومڕا بوونو رێگەی خۆیان ونکردوە ؟ ئەوانیش لە وەڵامی پرسیارەکەی خودادا عەرزی ئەکەن : پەروەردگارا تۆ پاکیو دووری لە شەریكو هاوڕێو قەت شیاو نیە بۆ ئێمە بێجگە لە تۆ کەسێ بکەین بە دۆستو یارمەتیدەر یا بەندەیی بۆ بکەین مادام ئێمە بەندەی تۆبینو بەندەیی بۆ تۆ بکەین چۆن بە کەسێکی تر ئەڵێین لەگەڵ بەندەیی تۆدا بەندەیی بۆ ئێمەیش بکا ! نەخەیر شتی وا لە ئێمەوە نەبوە ، بەڵکو تۆ بە گەورەییو بە بێباکی خۆت ئەمانەت کردوە بە خاوەن دەستەڵات لەگەڵ باوكو باپیرەیاناو خۆشی دنیات پێداون هەتا ئەوانیش بایی بوونو ناوی تۆیان لەبیرچوەوەو بوون بە گەلێکی لەناوچوو • جا پاش ئەم پرسیارو وەڵامە خودا بە کافرەکان ئەڵێت : ئەوا ئەوانە کە ئێوە بە خودایان ئەزانن ئێوەیان بەدرۆخستەوەو یەخەیان هەڵتەکان لە هەر وتارێکی وا کە بە زمانی ئەوانەوە ئەتانوت ، ئیتر ئێوە ناتوانن سزای خودا لە خۆتان دووربخەنەوەو ناتوانن یارمەتیدەرێ دەسبخەن بۆ چارەی ئەم سزایە کە وا بەسەرتانەوە وە هەرکەسێکیش لە ئێوە ، ئەی خەڵکی چەرخو زەمانە ستەمکاری بکەن بە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمەر ــ د ــ ئەوە ئێمە سزایەکی گەورەی پێ ئەچێژین لە رۆژی قیامەتا •

(وما أَرْسَلْنا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إلاَّ إنَّهُمْ لَيَأْكُلونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الأَسْواقِ ، وجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً ، أَتَصْبِرُونَ ؟ وكانَ رَبُّكَ بَصِيراً) (٢٠)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئێمە پێش زەمانی تۆ هەر پێغەمەرێکمان ناردوە هەر وەکو باقی مرۆڤ وابوونو بە بازاڕدا گەڕاونو خواردنیان خواردەوەو لەسەر یاسای ئاسایی ئادەمیزاد ژیاونو ، وە ئەوانە کە پێغەمەرەکانمان بۆ ناردوون بێشەرمییان لەگەڵ کردوون ، وە بازێ لە ئێوەم کردوە بە هۆی ناڕەحەتی بۆ بازێکتان ، واتە ئەم پێغەمەرانەمان گیرۆدەی دەستی کافرە بێ ئامانەکان کردوەو ئەوانیش خۆیان گرتوە ، جا ئایا ئێوەیش لەسەر سوننەتی پێغەمەری پێش خۆتان خۆئەگرن ، واتە هەر ئەوەیش موناسبە بۆ ئێوە (یانی حەزرەتو پەیڕەوەکانی) کە صەبر بکەن ، وە پەروەردگاری تۆ بینایەو چاوی لە حاڵی هەمووتانەوەیە •

(وقالَ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقاءَنَا : لَوْلا أُنْزِلَ عَلَيْنَا الْمَلائِكَةُ : أَوْ نَرى رَبَّنَا ! لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ وعَتَوْا عُتُوّاً كَبِيراً) (٢١)

وە ئەو کافرە بێ باوەڕانە کە هیوای گەیشتنیان بە ئێمە نیە لە قیامەتا، لەبەر ئەوە باوەڕیان بە قیامەت نیە ، ئەڵێن : ئەوە بۆچی بازێ لە فریشتەکانی ئاسمان نەهاتنە خوارەوە بۆ سەر ئێمە بۆ ئەوە هەواڵمان پێ بدەن کە محەمەد ــ د ــ پێغەمەری خودایە ، یاخەیر بۆچی خودامان نەبینی هەتا پێمان بڵێ باوەڕ بکەن بە محەمەدو ئێمەیش باوەڕی پێ بکەین ؟ بە راستی ئەم

کافرانە گەلێ گەلێ خۆیان بە گەورە تەماشـــا کرد لـە زاتی خۆیاناو زیادەڕەوییەکی زۆریان کردو لە ئەندازە لایان دا بە لادانێکی زۆر •

(يَوْمَ يَرَوْنَ المَلائِكَةَ لا بُشْرى يَوْمَئِذٍ لِلمُجْرِمينَ ، ويَقُولُونَ : حِجْراً مَحْجُوراً (٢٢) وقَدِمْنـا إلى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْناهُ هَباءً مَنْثُوراً) (٢٣)

ئەمانە کە ئیقتیراحی چاوپێکەوتنی فریشتە ئەکەن لە خۆیان دەرچوون، وە فریشتە نایەتە خوارەوە بۆ لای کەس بۆ لای پێغەمەرەکان نەبێ بۆ ئەوە کە پەیغامی خودا بێنن بۆ لایان • بەڵێ فریشـــتە ئەتێرینە خوارەوە بۆ گیانکێشانیانو بۆ دانەبەریان بۆ مەحشەر ، وە لەو ڕۆژەدا کە فریشتەکان ئەبینن هیچ موژدەو خۆشی بۆ تاوانباران نیە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لـەو ڕۆژەدا فریشتەکان یا گیان ئەکێشن وە یاخود لێیان ئەخوڕن بۆ مـەیدانی حسێبو کتێب • وە کافرەکان ئەڵێن : دەخیل دەخیل خودا مەنعی ئێوە بکا لە هاتن بۆ سەرمان ، وە یاخودا ئێوە هەر دوورخراوە بن لێمان ، واتـە ئازاری دڵی خۆیان بەرابەر بە دیتنی ئەو فریشتانە دەرئەبڕن •

وە لەو ڕۆژەدا دێین بە لای ئەو کردەوانەوە کە ئەوانە کردوویانەو ، بە خەیاڵی خۆیان باش بوون ، ئەو کردەوانە ئەکەین بە تۆزو تەمێکی بڵاوکراوە بە ئاسمانا یا بە هەوای جیهانا •

(أَصْحابُ الجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُسْتَقَرّاً وأَحْسَـــنُ مَقِيلاً) (٢٤)

وه ئه‌وانه كه ئه‌چنه به‌هه‌شته‌وه له‌و چه‌رخه‌دا كه موسولمانه‌كانن زۆر باشترن له كافره‌كان له باره‌ی قه‌رارگاو ئارامگاو شوێنی ئاسایش‌كردنه‌وه٠

(ويَوْمَ تَشَقَّقُ السَّماءُ بِالغَمامِ ، ونُزِّلَ المَلائِكَةُ تَنْزِيلاً (٢٥) المُلْكُ يَوْمَئِذٍ الحَقُّ لِلرَّحْمنِ ، وكانَ يَوْماً عَلى الكافِرِينَ عَسِيراً) (٢٦)

وه له‌و رۆژه‌دا كه ئاسمان به هه‌ور كه‌رت‌ئه‌بێ ، واته پارچه پارچه هه‌ور له ئاسمانه‌وه دێته‌خواره‌وه‌و مه‌لائیكه‌یش له‌گه‌ڵ ده‌فته‌رو نامه‌ی كرده‌وه‌ی خه‌ڵكدا دێته‌خواره‌وه ٠ جا له‌و رۆژه‌دا سه‌رۆكی‌و گه‌وره‌یی‌و سه‌رداری هه‌ر بۆ خودایه‌و به‌شی كه‌سی تێدا نامێنێ ٠ واته له دنیادا به مولكی مه‌جازی جۆره عه‌لاقه‌یێ هه‌یه بۆ ئاده‌میزاد ، به‌ڵام له رۆژی قیامه‌تا ئه‌وه نامێنێ‌و هه‌موو ماڵ‌و دارایی هه‌ر بۆ خودایه‌و له واقیعدا ئه‌و رۆژه رۆژێكه زۆر نارِه‌حه‌ت‌و ناهه‌مواره بۆ كافره‌كان ٠

(ويَوْمَ يَعَضُّ الظّالِمُ على يَدَيْهِ يَقُولُ : يا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسولِ سَبِيلاً (٢٧) يا وَيْلَتى لَيْتَنِي لَمْ اَتَّخِذْ فُلاناً خَلِيلاً (٢٨) لَقَدْ اَضَلَّنِي عَنِ الذِّكرِ بَعْدَ إِذْ جاءَنِي ، وكانَ الشَّيْطانُ لِلاِنْسانِ خَذُولاً) (٢٩)

وه له‌و رۆژه‌دا كه ئینسانی سته‌مكار هه‌ردوو ده‌ستی خۆی له په‌شیمانیدا ئه‌گه‌زێ ٠٠ ئه‌ڵێت : كاشكی له‌گه‌ڵ پێغه‌مه‌را رێگه‌م بگرتایه ، ئه‌ی هاوار بۆ من كاشكی فلان كه‌سم نه‌گرتایه به دۆست‌و براده‌ری خۆم ،

بە راستی منی گومڕا کرد لە خۆشویستنی ئیسلامو باوەڕکردن بە خوداو بە قورئانو خوێندنەوەی پاش ئەوە کە هات بۆ لامو کەوتە بەردەستم وە لـە واقیعدا شەیتان لە بۆ ئینسان نامەردەو ئەکەوێتە دەستبڕینی هەتا بە تەواوی ئەیفەوتێنێ •

(وقالَ الرَّسولُ : يا رَبِّ إنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هذا القُرْآنَ مَهْجُوراً) (٣٠)

وە لە هەمانڕۆژدا پێغەمەر ـد ـ عەرزی بارەگای خودا ئەکاو ئەڵێ : پەروەردگارا بە راستی گەلەکەم تەرکی قورئانیان کرد ، واتــە پشتیان تێکردو باوەڕیان پێ نەکرد کە کەلامی خودایە •

(وكَذلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِنَ المُجْرِمِينَ ، وكَفَى بِرَبِّكَ هادِياً ونَصِيراً) (٣١)

ئەی خۆشەویست وەکو ئەم کافرانە لە زەمانی تۆدا دوژمنی تۆنو باوەڕت پێ ناکەن هەروا بڕیارمان دا بۆ هــەر پێغـەمەرێ دوژمنێ لــە تاوانبارەکان ، بەڵام خودای تەعالا بەسە لە بابەتی شارەزاکردنو یارمەتیدانی ئەو پێغەمەرانەوە کە ناردوونی وە لە یارمەتی تۆیشدا کــە بــە حــەق رەوانەکراوی بۆ سەر جنو ئینس •

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ القُرْآنَ جُمْلَةً واحِدَةً ؟ كذلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤادَكَ ورَتَّلْناهُ تَرْتِيلاً) (٣٢)

واتە کافرەکان وتیان : بۆچی قورئان هەمووی بە یەك جوملە بە جارێ نەهێنرایە خوارەوە ؟ وە ئێمەیش لە وەلامدا ئەڵێین : بۆیـــە قورئانمـان بەش‌بەش کردو بەرودوا ناردمانە خوارەوە تا دڵی تۆی پێ‌بەهێز بکەین بۆ ئەوە لە مەعناکەی تێ بگەیت ، یا بۆ ئەوە دڵی تۆ دابمەزرێنین لە ئیمانا ؛ چونکی لە هەر کاتێکدا کەسێ یا چەن کەسێ پرسیارێ بکەن‌و من چـەن ئایەتێ رەوانە بکەم بۆ وەلامی ئەو پرسیارە گەلێ گەلێ دڵت دائەمەزرێ‌و شادمان ئەبی بە میهرەبانی خودای تەعالا • هەروا مادەم بە پێی رووداو ئایەت بێتە خوارەوە ئینسان باشتر لە راستی تێ‌ئەگاو زیاتر بەرچاوی دڵی گوشاد ئەبێتەوە ، وە مادام بەش بەش بێتە خوارەوە لەگەڵ ئەوەیشا کەس نەتوانێ بەرهەڵستی بکا ئەوە زۆرترو زیاتر دەرئەکەوێ کە قورئان موعجیزەیە وەی لەوە کە هەمووی بە جارێ بێتەخوارەوەو بەرهەڵستی نەکرێ ، وە لەبـەر ئەوە ئیسان حالی ئەبێ جار بەجار کە حوکمی پێشوو مەنسووخ بووەو ئـەم ئایەتە کە لە دواییدا هاتوە (ناسخ)ە بۆ ئەو • وە مادام بەش‌بەش بێتـــە خوارەوە لە هەر جارێکدا بازێ بەڵگە بە پێی کات دەرئەکەوێ بۆ تێگەیشتن لە مانای قورئان‌و ئینسان باشتر دڵی لەسەر ماناکەی دائەمەزرێ •

وە هەروا کە بەش‌بەش‌و بەرودوا ناردمانە خوارەوە بۆ لات لەبەر ئەو فەوائیدەکە وتران ئەو ئایەتانەیشمان بۆ خوێندیتەوە بە شـــێوەیەکی بـە مۆلەت‌و ئایەت لە دوای ئایەت •

(وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا) (٣٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەمین بە ئەو کافرانە هیچ پرسیارێکی پرو پووچی وات لێ ناکەن کە وەکو (ضرب المثل) وابێ ئیللا ئێمـــە نە

بەرانبەری ئەوەوە نموونەو مەثەلێکی راستو واقیعیو زۆر جوانترت لـە عیبارەتی خەڵك بۆ ئەنێرین بۆ دەربڕینی ئەحکامی دینی چ ئیعتیقادیو چ کردەوەییو چ ئەخلاقیو چ غەیری ئەمانە •

(الَّذِينَ يُحْشَرُونَ على وجُوهِهِمْ إلى جَهَنَّمَ اولائِكَ شَرٌّ مَكاناً واَضَلُّ سَبِيلاً) (٣٤)

ئەو کافرە بەدبەختانە کە حەشرئەکرێنو ئەبرێن بۆ دۆزەخ بەســـەر روخسارا نەك بەسەر پێدا لەبەر سەرسەختیو بەدکردەوەیی خۆیان ئەوانە ناهەموارترن لە باقی خەڵك لە خوصووصی جێگەو رێگـــەی قیامەتەوەو زۆرتر لە خەڵکی تر گومڕان •

ئەم ئایەتە لە مەقامی رەدی وتاری کافرەکانایە کە وتوویانە : محەمەدو پەیڕەوانی لە پاشەڕۆژا لە هەموو کەس خراپترن ، جا خودایش ئەفەرموێ : ئەو کافرانە کە بەو جۆرە ناشایستە ئەبرێن بە رێگەدا ئەوانەن خراپتر نەك ئێوە •

ریوایەتکراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە : کابرایێ هــات عەرزی حەزرەتی کرد : چلۆن کافران بەسەر رووداا ئەڕۆن بۆ حەشـــر ؟ ئەویش فەرمووی : ئەو کەسە ئەیانبا بەرێدا لەســەر دوو پێ ئەیشتوانێ لەســەر روو حەشریان بکا لە رۆژی قیامەتا •

(ولَقَدْ آتَيْنا مُوسى الكِتابَ ، وجَعَلْنا مَعَهُ اَخاهُ هارُونَ وَزِيراً (٣٥)

فَقُلْنا : اذْهَبـــا إلى القَوْمِ الَّذِينَ كَـــذَّبُوا بِآياتِنا ، فَدَمَّرْناهُمْ تَدْمِيراً) (٣٦)

وە کیتابی پیرۆزی تەوراتمان دا بە موساو هاروونی برایشان کرد بـــە وەزیری‌و پشتیوانی لە بانگکردنی خەڵکدا بۆ دین‌و فەرمانبەرداری خودا ، جا پێم‌وتن : بڕۆن بۆ سەر ئەو گەلە کـــە سەرپێچییان کردوەو ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆخستوەتەوە . ئەوانیش ڕۆیشتن‌و بانگیان‌کردن بۆ دینی حەق کەچی ئەوان بەرهەڵستیان کردن . جا ئێمەیش یارمەتی موساو هارونمان داو ئەوانمان ریشەکەن کرد .

(وقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ اَغْرَقْناهُمْ ، وجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً . واعْتَدْنا لِلظَّالِمِينَ عَذَاباً اَلِيماً) (٣٧)

وە گەلی نوحیشمان بە ئاوو لافاوی بێ ئامان خنکان لەو کاتەدا کـــە ئینکاری نوح‌و باقی رەهبەرانیان کردو کردمن بە نیشانەی قارو تەوانایی خۆمان بۆ ئادەمیزادان ، وە ئامادەمان کرد بۆ ئەو ستەمکارانە ســـزایەکی سەخت‌و ئێش‌گەیێن .

(وعَاداً ، وثَموداً . واَصْحابَ الرَّسِّ ، وقُرُوناً بَيْنَ ذلِكَ كَثِيراً) (٣٨)

هەروا گەلی عادو گەلی ثەمود . کۆمەڵی بیری نەچنراوو . خـــەڵکی چەن چەرخێکی دیکەی بەینی کۆن‌و تازەی ئەو کافرانەیشمان کرد بـــە نیشانەی تەوانایی خۆمان .

هودی نارد بۆ عـاد ، صـــالح بۆ ثەمود
شوعەیب بۆ ئەهلی بـیری نامەســـعوود
چونکی قەومەکان گـرِان بـە ئینکــــار
دەماریان دەرهــات لــە رووی رۆزگــار
خودایش هــەر ماوەو قودرەت وەکو خۆی
جا کێ ئەیەوێ بێتـــــە مەیدان بۆی ؟
خۆزگەم بەو کەسە لەســەر هۆش‌و فــام
ئەژی‌و خۆی ناکا بــە پەندی ئەییــام

(وكُلاًّ ضَرَبْنا لَهُ الأَمْثالَ ، وكُلاًّ تَبَّرْنا تَتْبِيراً) (٣٩)

وە بۆ هەرکام لەم قەومانە ئەوەی پێویست بێ لــە ئامۆژگاری‌و گێرانەوەی بەسەرهاتی عەجایبی رۆژانی پێشووی گەلانی رابوردوو بۆمان گێرانەوە بۆ ئەوە پەند بگرن‌و بە ئەدەب فەرمانی پێغەمەرەکان وەربگرن ، بەلاّم پەندو ئامۆژگاری سوودی نەبوو ، جا هەموویانمان هارِی بەیەکاو هەڵمانوەراندن •

(ولَقَدْ أتَوْا علَى القَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ ، أفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَها ؟ بَلْ كانُوا لا يَرْجُونَ نُشُوراً) (٤٠)

وە ئەو کافرانە گەلێ جار رابوردوون بەسەر ئەو دێــدا کــە بارانی ناشیرینی نابار ، یانی بەردی قاری خودایان بەسەرا باری ، ئایا ئەمانە ئـــەو بەسەرهاتەیان نەدیوە هەتا پەندی پێ‌بگرن ؟ بەڵکو ئەگەر چاویشیان پێی بکەوێ پەندی لێ‌وەرناگرن ؛ چونکی بە تەمای زیندوبوونەوەی قیامەت نــین •

(وإذَا رَأَوْكَ إنْ يَتَّخِذونَكَ إلاَّ هُزُواً ، أَهذا الَّذِي بَعَثَ اللهُ رَسولاً ؟! (٤١) إنْ كادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنـــا لَوْلا أنْ صَبَرْنا عَلَيها ، وسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ العَذَابَ مَنْ أضَلُّ سَبِيلاً) (٤٢)

کاتێ ئه‌و کافرانه تۆ ئه‌بینن ئه‌تکه‌ن به‌ جێگه‌ی پێکه‌نینو گاڵته‌جاڕو ئه‌ڵێن : ئا ئه‌م شته‌ بێ نرخه‌یه‌ خودا به‌ رابه‌ری ناردوویه‌تی بۆ ئێمه‌ ؟! بـه‌ راستی له‌وانه‌ بوو له‌ رێگه‌ لامانبداو ونمان بکاو دوورمان بخاته‌وه‌ لــه‌ به‌نده‌یی بته‌کانی خۆمان ، ئه‌گــه‌ر خۆمان نه‌گرتایه‌و به‌رده‌وام نه‌بوایه‌ین له‌سه‌ر به‌نده‌یی بته‌کان • جا خودا ئه‌فه‌رموێت : ئه‌و کافرانه‌ له‌ داهــاتووی نزیکدا ، کاتێ سزایان چاوپێ‌ئه‌که‌وێ ، ئه‌زانن کێ له‌ کێ گومڕاتره‌ له‌ باره‌ی ره‌وشتو ره‌فتاره‌وه‌ •

(أرَأيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إلهَهُ هَواهُ ؟ أفَأنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلاً ؟!) (٤٣)

ئاگادارم بکه‌نو هه‌واڵم بده‌نێ ئایا ئه‌گه‌ر که‌سێ خودای واقیعی خۆی بکا به‌ هه‌وای نه‌فسی خۆی •• ئایا تۆ ئه‌بی به‌ وه‌کیل بۆ ئه‌و که‌سه‌و ئه‌توانی چاری ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌و ناباریی ئه‌و بکه‌ی ؟

(أمْ تَحْسَبُ أنَّ أكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أوْ يَعْقِلُونَ ؟ إنْ هُمْ إلاَّ كالأنْعامِ بَلْ هُمْ أضَلُّ سَبِيلاً !) (٤٤)

نەخەیر ئایا تۆ گومان وا ئەبەی کە زۆربەی ئەو کافرانە بە گوێ شت ئەبیسن ، یا چاویان شت ئەبینێ بەبینینو بیستنێ کە سوودی لێوەربگرن ؟ نەخەیر ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان ، بەڵکو لە ئاژەڵیش گومڕاترو خراپترن ، چونکە ئاژەڵ مل رائەکێشنو بە فەرمانی خاوەنەکەیان ئەجوولێنەوەو جارجار دۆستو دوژمنی خۆیان لەیەك جیا ئەکەنەوە .

(اَلَمْ تَرَ الى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ ؟ ولَوْ شاءَ لَجَعَلَهُ ساكِناً ، ثُمَّ جَعَلْنا الشَّمسَ عَلَيْهِ دَلِيلاً (٤٥) ثُمَّ قَبَضْناهُ إِلَيْنا قَبْضاً يَسِيراً) (٤٦)

ئایا ئەی خاوەن چاو ناڕوانیو تەماشا ناکەی خودای تەعالا چلۆن سێبەری راخستوە بەسەر رووی جیهانا لە بەینی طولوعی فەجرو طولوعی رۆژا ، وە ئەگەر بیویستایێ راوەستێ ئەوە لە شوێنی خۆیدا دامەزراوی ئەکردو بەو شێوە ئەمایەوەو ، کەس گومانی نەدەبرد کە ئەو سێبەرە شتێکی راستەوەبووەو هەیە ، لە پاشان دەرکەوتنی رۆژمان کرد بە دەلیل لەسەر ئەوە کە شتێکی واقیعیو دامەزراوە ، پاش ئەوە ئەو سێبەرەمان وەرگرتەوە بۆ لای خۆمان وردە وردە لەسەر میزانی بەرزبوونەوەی رۆژ .

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەلیلە لەسەر ئەوە کە سێبەر شتێکی وجوودییەو سێبەر رووناکییەکی میانەیە لە نێوان تاریکی تەواوو رووناکی تەواودا .

(وهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِباساً ، والنَّوْمَ سُباتاً ، وجَعَلَ النَّهارَ نُشُوراً) (٤٧)

خودا خودایەکی وایە کە ماوەی شەوی کردوە بە بەرگو پۆشاك بۆ ئێوە • واتە داتانئەپۆشێ لە بەرچاوی دوژمنان ئەگەر بە شەوا بڕۆن بـۆ شوێنێ ، وە داتانئەپۆشێ لە بەرچاوی تەماشاکەران ئەگەر یەکێ بیـەوێ بۆتان بڕوانێ ، وە ئەبێ بە قەڵاو پارێزگا بۆتانو داتانئەپۆشێ لە بەرچاوی ئەوانەدا کە قەسدی سەرتان ئەکەن ، وە نوستنیشی کردوە بە هۆی ئاسایش بۆ لەشتان لە کاتی ماندوبوونەوە بۆ دڵتان لە کاتی پەستیو زویریدا ، وە ماوەی رۆژی کردوە بە هۆی دەرچوون لە ماڵ بۆ کارو کاسبیتانو ئەگەر نوستن بە مردنداِبنێین ئەوە بەخەبـەرهاتنی رۆژ وەکو زیندوبوونەوەی قیامەت وایە (نوستن برای مردنە) •

(وهُوَ الَّذِي اَرْسَلَ الرِّياحَ بُشْراً بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ، واَنْزَلْنا مِنَ السَّماءِ ماءً طَهُوراً (٤٨) لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً . ونُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنا اَنْعاماً واَناسِيَّ كَثِيراً) (٤٩)

وە خودا خودایەکی وایە کە باکان رەوانە ئەکا بە بەینی زەویو ئاسمانا بە موژدەدەر لە بەردەمی بارانی رەحمەتی خۆیەوەو بە دوای ئەودا باران ئەنێرێ ، وە ئێمە لە ئاسمانەوە رژاندوومانەو ناردوومانەتە خوارەوە بارانێکی زۆر پاكو خاوی وا خۆی سافو پاکەو ئەوەندەیش رەوانو سـافە پیسی لائەباو شت پاك ئەکاتەوە ، وە ئەو ئاوو بارانەیشمان بۆیە رژاندوەتە خوارەوە هەتا شارێکی وێرانی پێ زیندووبکەینەوە ، واتە شارێکی وێران لەبـەر برسێتیو بێئاویوبێنانی ، یا عەرزێکی وێرانی وشکی بێسوودو خێر • وە بە ئاوی ئەو بارانە ئاو ئەدەین ئادەمیزادێکی زۆرو گیانلەبەرانێکی بێ ئەندازە لەوانەی کە لەسەر زەویدا دروستمان کردوون •

(ولَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا ، فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إلاَّ كُفُوراً) (٥٠)

وە بە راستی ئێمە ئەم باسەمان کردوە بە عیباراتی جیاجیاو لە موناسەباتا لە بەینی ئەوانەدا بۆ ئەوە بیرێ بکەنەوە بە هۆی ئەو دەرزو ئامۆژگارییانەوە، کەچی زۆربەی ئادەمیزاد هیچیان ــ بێجگــە لــە کوفرو ئینکاری خودای تەنیا ــ ناوێو ئینکاری ئەو نیعمەتانە ئەکەن کە پێیان دراوە •

(ولَوْ شِئْنا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيراً) (٥١)

ئەگەر خواستمان لەسەر بوایە لە هەموو دێیەکدا رابەرێکی ئادەمی ترسێنمان ئەنارد ، بەلام ئیکتیفامان کرد بە تۆ لەبەر رێزی تۆ لە لامان •

(فلا تُطِعِ الكافِرِينَ ، وجاهِدْهُمْ بِهِ جِهاداً كَبِيراً) (٥٢)

مادام من خودایەکی ئەوەندە گەورەم تۆ هەرگیز ئیطاعەی کافرەکان مەکە لەو بیرو باوەڕە نابارانیانەداو لەو کردەوە ناهەموارانەدا کە کافرەکان وان لەسەری ، وە هەمیشە جیهاد بکەو بە هۆی ئەم قورئانەوە تێبکۆشە لە گەڵیانا بە تێکۆشانێکی گەورەو بە ئامۆژگاریو بە تەرغیب لەسەر بەهەشتی بەرزی پایەدارو ترساندن بە دۆزەخی ناهەموار ، بەڵکو روو بکەن لە خوداو لادەن لە هەرا •

(وهُوَ الَّذِي مَرَجَ البَحْرَيْنِ : هذا عَذْبٌ فُرَاتٌ ، وهــذا مِلْحٌ أُجَاجٌ ، وجَعَلَ بَيْنَهُما بَرْزَخاً وحِجْراً مَحْجُوراً) (٥٣)

خودا خودایه‌کی وایه دوو ده‌ریای له پاڵ یه‌کا راگرتوه بێ‌تێکه‌ڵی سنووریان له‌گه‌ڵ یه‌کا . ئه‌م ده‌ریایانه ئاوێکی خۆش‌و ساف‌و گه‌وارای هه‌یه ، وه ئه‌وی که‌یان ئاوێکی سوێری تاڵی هه‌یه ، وه له به‌ینی ئه‌م دوو ده‌ریادا په‌رده‌یه‌کی قودره‌تی داناوه‌و طه‌بیعه‌تێکی مانیعه‌و دافیعـــه‌ی وای دروستکردوه نایه‌ڵێ تێکه‌ڵی یه‌ك ببن‌و،وه‌زعێکی له مونافه‌ره‌ت دروستکردوه له ناویانا که له‌وانه نیه تێك‌بچێ‌و ببێ به مولایه‌مه‌ت له به‌ینی ئه‌وانا ، وه به زمان به یه‌کتر ئه‌ڵێن : (حجرا محجورا) ئه‌مـــه‌وێ دوور بم له تۆو زۆر دوور بم •

(وهُوَ الَّذي خَلَقَ مِنَ الماءِ بَشَراً فَجَعَلَهُ نَسَباً وصِهْراً، وكانَ رَبُّكَ قَدِيراً) (٥٤)

وه خودا خودایه‌که دروستی کردوه له ئاوی تۆم گه‌ای ئاده‌میزاد . وه ئه‌و ئاده‌میزاده‌ی کردوه به هۆی نه‌سه‌ب‌و باوك بۆ نه‌ته‌وه ئه‌گه‌ر نێرینه‌یه ، وه به هۆی تێکه‌ڵی‌و خزمایه‌تی ژن‌و ژنخوازه‌وه ئه‌گه‌ر مێینه بێ ، وه خودای ته‌عالا ته‌وانا بوه‌و هه‌ر ته‌وانایه له‌سه‌ر هه‌ر شتێ خواستی بکا بۆ کـــردن ئه‌یکاو هه‌رچی خواستی لێی نه‌بێ نایکا •

(ويَعْبُدونَ مِنْ دونِ اللهِ ما لاَ يَنْفَعُهُمْ ولاَ يَضُرُّهُمْ ، وكانَ الكافِرُ عَلى رَبِّهِ ظَهِيراً) (٥٥)

ئه‌و کافرانه به‌نده‌یی ئه‌که‌ن بێجگه له خودا بۆ چه‌ن بتێ که سوودیان پێ ناگه‌یه‌نن‌و زیانیشیان لێ ناده‌ن ، واته خاوه‌نی هیچ هێزێ نین هه‌تا سه‌رفی

بکەن نە سوودا یا لە زیانا بەرابەر بە کەس ، وە بە راستی هەر لە ئەساسەوە کافر نامەرد بوەو پشتیوانی شەیتانی کردوە لە موخالەفەی خودادا •

(وما اَرْسَلْناكَ إلاّ مُبَشّراً ونَذِيراً) (٥٦)

وە ئێمە تۆمان نەناردوە بە موژدەدەر نەبێ بۆ موسوڵمانانو ترسێنەر بۆ کافرانو تۆ هەر حەقی موژدەدانو ترساندنت هەیەو بەس •

(قُلْ : ما اَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ اَجْرٍ إلاّ مَنْ شاءَ اَنْ يَتَّخِذَ إلى رَبِّهِ سَبِيلاً) (٥٧)

تۆ ئەی رابەری راست بڵێ بەو کافرانە : من داوای هیچ پاداشێ لە ئێوە ناکەم ئەوە نەبێ هەرکەسێ ئەیەوێ رێگەیێ بگرێتە بەر بۆ لای خودای خۆیو ئەو رێگەگرتنە بەشی منیشی تیایە لە پاداش لە رۆژی خۆیدا •

(وتَوَكّلْ عَلَى الْحَيِّ الّذِي لا يَمُوتُ ، وسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبادِهِ خَبِيراً) (٥٨)

وە ئیعتیماد بدەو پاڵ بدەرەوە بەسەر میهرەبانیو پارازتنی ئەو خودایە کە زیندوەو نامرێو تەنزیهی بکە لە عەیب لەگەڵ سوپاسو ستایشیا ، ئەو خودایە بەسە لە خوصووصی ئاگاداری‌یەوە بەسەر گوناهەکانی بەندەکانی خۆیدا •

(الّذِي خَلَقَ السَّماواتِ والاَرْضَ وما بَيْنَهُما فِي سِتّةِ اَيّامٍ ، ثُمّ اسْتَوى عَلَى العَرْشِ الرّحْمنُ ، فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيراً) (٥٩)

ئەو خودایە خودایەکی ئەوتەوە کە ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوە لە نەبوونەوە بە خواستی خۆی لە ماوەی شەش رۆژاو پاش تـەواوکردنی خەلقی ئاسمانو زەوی ئەو خودا میهرەبانە عەرشی بە گەورەیی‌و پایـە بڵندی‌ی خۆی داگرت . جا پرسیار بکە لە کەسێکی ئاگادار لـەو وەزعی خەلقی ئاسمانو زەوییەو ئەو زاڵبوونو داگرتنی عەرشە هەتا بۆت بەیان بکا • وە ئەو کەسە ئاگادارە نیسبەت بە حەزرەت زاتی خودایەو نیسبەت بە ئومەتی پێغەمەریش پێغەمەر خۆیەتی یان زانایانی ئومەتەکەی •

(وإذَا قِيلَ لَهُمُ : اسْجُدوا لِلرَّحْمنِ ، قالُوا : وما الرَّحْمنُ؟! أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنا ؟! وزَادَهُمْ نُفُورا) (٦٠)

وە کاتێ بەوان ئەوترێ : سوجدە ببەن بۆ ئەو خودایە کە رەحمانو میهرەبانە ، یا مەشهوورە بە وەسفی (رحمان) •• ئەڵێن : رەحمان کێیە ؟ ئایا ئێمە سوجدە ئەبەین لەبەر خاتری فەرمانی تۆ ؟ وە ئەمر بە سـوجدە نەفرەتیان زیاد ئەکاو بە تەواوی لە ئیطاعەی خودایان دوور ئەخاتەوە •

(تَبارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّماءِ بُروجاً، وجَعَلَ فِيها سِراجاً وقَمَراً مُنِيراً) (٦١)

زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە دروستی‌کردوە لە ئاسمانا چەن بورجێکی بەرزو لە ناو ئەو بورجانەدا چرای رۆژو مانگی خاوەن رووناکی‌و دنیـا رووناككەری تێدا داناوە •

(وهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ والنَّهارَ خِلْفَةً لِمَنْ أَرادَ أَنْ يَذَّكَّرَ ، أَوْ أَرادَ شُكُوراً) (٦٢)

خودا خودایەکی وایە کە شەوو رۆژی کردوە بە دوو ماوەی وەها کە بە شوێنی یەکا دێن لە بۆ ئەو کەسانە کە خواستیان هەیە بیر بکەنەوە لـــە گەورەیی خودادا ، وە ئەم شەوو رۆژەو زیادو کەمی سەعاتو دەقیقەیانو دەوامی وجوودی هەرکام بە شوێنی ئەودا بکا بە دەلیل لەســەر وجودی پەروەردگارێکی (واجب الوجود)ی زیندووی زانای تەوانای خـاوەن خواست ، وە یا بۆ کەسێ کە بە دڵ بیر لە نیعمەتەکانی ئەکاتەوەو ئــــەیەوێ سوپاسی خودا بکا لەسەر ئەو نیعمەتانە کە بەردەوامن وەکو نەفسی شەوو رۆژەکەو ئەو خۆشیو نیعمەتانەیش دەستی ئەکەون لە ناویانا •

بزانن ! ئێمە کە چاو ئەکەینەوە ئەزانین ئەم جیهانەو ئەم زەویو ئاسمانە بە دەوام یا رۆژە یا شەوەو دیارە ئەمە بە جوولاندنی ئەجزای جیهانە •

لەمەوپێش خاوەن حیکمەتە ریاضیەکان ئەیانوت : رۆژو مانگ بــە دەوری زەویدا ئەسووڕێنەوە ، وە ئیستە ئەڵێن : زەویو باقی ئەســتێرە گەڕۆکەکان ــ کـــە تـا ئیســتە یازدەیان زانراوە ــ بە دەوری رۆژدا ئەسووڕێنەوەو ، مانگ لە بەشی زەوییەو بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە •

وە بڕیاریان داوە کە زەوی دوو هەڵسووڕانی هەیە : هەڵسووڕانێ بە دەوری مەرکەزی خۆیا لە هەموو شەوو رۆژێکدا جارێو بەم هەڵسووڕانە شەوو رۆژ پەیدا دەبن ، واتە هەتا رۆژی لێوە دیارە رۆژەو کاتێ کە رۆژی لێ ئاوا بوو شەوە • وە هەڵسووڕانێ بە دەوری رۆژدا کە لە ماوەی ساڵێکی رۆژیدا تەواو ئەبێ ، واتە بە سێصەدو شەستو چوار رۆژو کەسرێك یانی بە دوازدە مانگی رۆژی کە شەش مانگیان لەسەر ژمارەی سیویەك رۆژنو پێنج مانگیان لەسەر سیرۆژنو مانگێ لەوانە لەسەر بیستو هەشت رۆژو

کەسرێك بە ئەندازەی چواریەکی ڕۆژێ کە ئەکاتە سێصەدو شەصتو چوار ڕۆژ لە سێ سالاو سیصەدو شەصتو پێنج ڕۆژ لە سالی چوارەما •

وە مانگیش کە سەر بە زەوییە سالی دوازدە جار دەورە ئەکاتەوە بە دەوری زەویدا بە حسێبی شەش دەورەی بە سی ڕۆژو شەش دەورەی بە بیستو نۆ ڕۆژ کە ئەکاتە سێصەدو پەنجاو پێنج ڕۆژ ، واتە جیاوازی سالی ڕۆژیو مانگی لە سێ سالدا بە نۆ ڕۆژەو لە سالی چوارەما بە دە ڕۆژە ، وە لەبەر ئەمەیە کە سالی ١٢ مانگی لە جێگەی خۆیدا نامێنێو هەموو سالێ چەن ڕۆژێ دێتە پێشەوە •

بە هەرحاڵ کە هەڵسووڕان بۆ زەوی بێ بە دەوری ڕۆژا ئەو دائیرەیە بەش کراوە بە دوازدە بەشەوە ، واتە دوازدە بورج ، بازێکیان بە سیویەك ڕۆژ ئەبڕێو بازێکیان بە سی ڕۆژو یەکێکیان بە بیستو هەشت ڕۆژو کەسرێ •

وە ناوی ئەم دوازدە بورجە بەم شێوەیە : حەمەل ، ثەور ، جەوزا ، سەرەتان ، ئەسەد ، سونبولە ، میزان ، عقرب ، قوس ، جدی ، دلو ، حوت •

وە سیڕی ئەم ناوانەیش ئەوەیە ئەو بورجە کە زەوی ئەیبڕێ بریتیە لە چەن ئەستێرەی نەجوولاو کە لەسەر شێوەی بەرخو ، گاو ، گوێزو ، قرژانگو ، شێرو ، گوڵو ، ترازوو ، دووپشكو ، کەوانو ، کارژەڵەو ، دۆڵچەو ، ماسیە ، واتە وەها ڕێکەوتوونو لەبەرچاودا وا دیارن لەو شتانە دەچن ، ئەنا لە واقیعا ماوەی ئەو ئەستێرانە لە بەینی خۆیانا زۆر زۆر دوورە لە یەك •

وە بزانن سالی مانگی بریتییە لەوە کە دوازدە جار مانگی یەك شەوە ببینین • بەم مەرجە جاری دوایی ڕۆژەکانی تەواو بکاکە سی ڕۆژە، یا بیستو

نۆ رۆژە • وە دانانی مانگی (محرم) بە سەری سالّی مانگی لەبەر ریزی بڕیاری خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەطابە ـ خ ـ کە موحەڕەمی کرد بە سەری سالّی کۆچی واتە کۆچکردنی حەزرەت لە مەکەوە بۆ مەدینە •

وە سالّی رۆژی بریتییە لەوە ئیسال تەماشای ئەوەت کرد رۆژ یا زەوی لە یەکەم نوختەی بورجی حەمەل دەرکەوت جارێکی تر تەماشایان بکەی بگەنەوە ئەو نوختەیە کە ئەمە بە سێصەدو شەصتو چوار رۆژو کەسرێ جێبەجێ ئەبێ •

جا پاش ئەوە کە سەرزەنشتی کافرەکانی کرد لەسەر ئەوە کە سوجدە بۆ (رەحمان) نابەنو فیزو دەمار ئەیانگرێ •• ئیستە باسی ئەوانە ئەکا ئیطاعەی خودا ئەکەنو سوجدەی بۆ ئەبەنو ئەوەندە پەیوەندییان بە فەرمانی خوداوە هەیە مەشهوورن بە (عباد الرحمن)و لەم ئایەتەدا چەن نیشانەیەکیان بەیان ئەکاو فەرمووی :

(وعِبادُ الرَّحْمنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ علَى الأرْضِ هَوْناً ، وإذَا خَاطَبَهُمُ الجاهِلُونَ قَالُوا : سَلاماً) (٦٣)

واتە بەندە خالیصەکانی خودای میهرەبان ئەوانەن کە بەسەر زەویدا بە ئارامی ئەڕۆنو کاتێ نەزانێ قسەی نامۆناسییان لەگەڵدا بکا ئەوان قسەیێ ئەکەن کە هۆی ئارامیو سەلام بێ ، وە یاخود ئەمان ئەڵێن : (السلام علیکم) •

(والَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّداً وقِياماً) (٦٤)

وه ئه‌و كه‌سانه‌ن كه شه‌و ئه‌مێننه‌وه‌و له‌به‌ر طاعه‌ت‌و ره‌زای خودا بـه راوه‌ستانه‌وه له نوێژاو به سوجده‌بردن له نوێژا ، واته شه‌ونوێژ ئه‌كه‌ن له‌به‌ر ره‌زای خودا •

(والَّذِينَ يَقُولُونَ : رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ، إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَاماً) (٦٥)

وه ئه‌وانه‌ن كه له خودا ئه‌پاڕێنه‌وه‌و ئه‌ڵێن : په‌روه‌ردگاری ئێمه سزاو ئازاری دۆزه‌خمان لێ لاده ، به راستی سزای دۆزه‌خ له‌سه‌ر ئینسان گران‌و قورسه •

(إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً) (٦٦)

به راستی دۆزه‌خ جێگه‌و شوێنێكی خراپه‌و دانیشتن‌و ژیان تیایا زۆر ناهه‌مواره •

(والَّذِينَ إِذَا أَنْفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا ، وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَاماً) (٦٧)

وه ئه‌وانه‌ن كاتێ كه مه‌سره‌ف ئه‌كه‌ن زیاده‌ڕه‌وی ناكه‌ن‌و له سنووری خۆیان ده‌رناچن ، هه‌روا ته‌نگ‌كاریش ناكه‌ن له‌سـه‌ر ئه‌وانه وان لـه به‌رده‌ستیاناو مه‌سره‌فه‌كه‌یان مام‌ناوه‌نجییه‌و له نێوانی ئه‌م دوو پایه‌دایه •

(والَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللهِ إلهاً آخَرَ ، ولا يَقْتُلونَ النَّفْسَ الَّتي حَرَّمَ اللهُ إلاَّ بِالحَقِّ ، ولا يَزْنُونَ ، ومَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يلقَ اَثاماً (٦٨) ، يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذابُ يَوْمَ القِيامَةِ ويَخْلُدْ فيهِ مُهاناً (٦٩) إلاَّ مَنْ تَابَ وآمَنَ وعَمِلَ عَمَلاً صالِحاً فأُولائِكَ يُبَدِّلُ اللهُ سَيِّآتِهِمْ حَسَنَاتٍ ، وكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً (٧٠) ، ومَنْ تابَ وعَمِلَ صَالِحاً فَإنَّهُ يَتُوبُ الى اللهِ مَتاباً) (٧١) •

واتە بەندەکانی خودای میهرەبان ئەوانەن کە لەگەڵ ئیعتیراف بە خودادا خودایەکی دیکە ناپەرستن‌و داوای رزق‌و رۆزی لێ ناکەن ، واتە هەر خودای عالەم بە پەروەردگاری راست‌و شیاوی بەندەیی ئەزانن‌و کەسی تر ناکەن بە هاورێی • وە هەر کەسێ کە خودا کوشتنی ئەوی حەرام کردبێ نایکوژن بە هۆی سەبەبێکی حەقی شەرعییەوە نەبێ بۆ کوشتنەکەی وەکو (قیصاص) یا وەرگەڕانەوە لە ئایینی ئیسلام ، یا زیناکردن لە حاڵی (ئیحصانا) لەگەڵ ژنی بێگانەدا • وە زینایش ناکەن ، واتە ناچنە لای ژنێکی بێگانەو دەست بۆ ژن نابەن بە بێ یاسای شەرعی • وە هەرکەس ئەم گوناحانە بکا ئەگا بە تاوانی بێ پایانی ناهەموارو لە رۆژی قیامەتا لە ناو دۆزەخا سزاو ئازایان بۆ چەن قات ئەکرێتەوە ، لەبەر ئەوە کە بێجگە لە کوفر پیاوکوژن‌و ، بێجگە لە مانەیش داوێن‌پیسن‌و ، لەو سزادا ئەمێننەوە بە سووکی‌و بێ نرخی هەتا هەتایە • کەسێ نەبێ لە پاش ئەم گوناهانە تەوبە بکاو واز لەو گوناهانە بهێنێ‌و کوفرەکەی بە ئیمان بشۆرێتەوەو کردارو کردەوەی خۆی باش بکا•• ئەوە ئەم کەسانە خودای تەعالا گوناحەکانیان ئەپۆشێ‌و خراپەکانیان بۆ ئەکا بە چاکەو خودای تەعالا میهرەبان‌و تاوانبەخش بوەو هەر وایش ئەبێ•

چونکە ئەو کەسە کە تۆبەی ساغ ئەکاو بە شوێن تەوبەکەدا کردەوەی باش ئەکا ئەوە بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە بە گەڕانەوەیەکی راست •

(والَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ ، وإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَاماً (٧٢) •

وە بەندەکانی خودا ئەوانەن کە شایەتی درۆ نادەن ، وە یاخود لە شوێنی درۆو دەلەسەکردنو نامەردیدا دانانیشنو ، کاتێ کە بەسەر کردەوەی پووچو بەتاڵو بەسەر وتاری بێ سوودو قاڵو مەقالا رائەبوورن بە وێنەی پیاوێکی بە حورمەتی وەها رائەبوورن کە لاناکاتەوە بە لای کارو وتاری بێ سوودا • جا ئەمە لەسەر ئەو ئەساسەیە کە فەرمانە پووچەکە گوناهێکی گەورە نەبێ ، وە یا دەستیان نەڕوا بەسەر تێکدانیا ، ئەگەرنا پێویستی سەرشانی موسوڵمانە کاتێ (منکر)ێکی دی پێویستە بە دەست یا بە زمان چاری بکا ، جا ئەگەر هەر دەستو زمانی کاریان پێنەکرا ئەوجار بە دڵ ئەو کارەی پێ ناخۆش بێ •

(والَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمّاً وَعُمْيَاناً) (٧٣)

وە بەندەکانی خودا ئەوانەن کە هەرکاتێ ئامۆژگارییان کرا بە ئایاتی خودا وەریئەگرنو کەڕانەو کوێرانە بە سەریاندا ناڕۆن • واتە خۆیان کەڕ ناکەن بۆ بیستنیانو خۆیان کوێر ناکەن بۆ تەماشاکردنی ئەو شتانە کە لە ئایەتەکانا کراون بە هۆی دەرزی دینداری بۆیان •

(والَّذِينَ يَقولُونَ : رَبَّنا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنــــا ، وذُرِّيّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ ، واجْعَلْنا لِلمُتَّقِينَ إماماً) (٧٤)

وە بەندەكانی خودا ئەوانەن كە لە خودا ئەپاڕێنەوەو ئەڵێن : پەروەردگارا لە لایەنی ژنەكانمانەوەو منداڵەكانمانەوە فێنكی چاومان پێ ببەخشە •

واتە ژنەكانمان بكە بە یارمەتیدەرمان لە ژینی دنیادا هەتا بتوانین باش بەندەیی تۆ بكەینو چاومان ڕووناك ببێتەوەو سارد ببێت بە ئاوی سارد ، چونكی ئینسان ئەگەر خەفەتبار بێ دڵی جۆش ئەخواو ئاوی گەرم دێتــە چاوەكانیەوەو بە گریان ئەڕژێتە خوارەوە • ئەگەر شـــادی بۆ بێو دڵی شادمان بێ ئەوە چاوی ئاوی ساردی تێ ئەزێ •

وە پەروەردگارا لە لایەنی نەتەوەمانەوە هەم فێنكی چاومان بدەرێ • واتە ئەولادو ئەحفادێكمان پێبدە یارمەتیمان بدەن لەســەر بەندەیی ، وە یاخود لە پاش مردنی ئێمە بین بە باشترین جێگر هەتا ئیمانو زانستو نانو ئاوو خزمەتی موسوڵمانان لە خانەدانمان نەبڕێو ، بمانكــە بە پێشەوا بۆ موسوڵمانە خاوەن پارێزەكان •

(اولائِكَ يُجْزَوْنَ الغُرْفَةَ بِما صَبَرُوا ، ويُلَقَّوْنَ فِيهـا تَحِيَّةً وَســلاماً (٧٥) خَــالِدينَ فِيهـا حَسُنَتْ مُسْتَقَرّاً ومُقاماً) (٧٦)

ئەو كەسانە كە ئەو صیفەتانەیان هەیەو كە رابوران ئەوانەن پاداشیان ئەدرێتەوە بە باڵەخانەی خاوەن صەفا لە بەهەشتا بە هۆی ئەوەوە كە خۆیان

گرتوە لەسەر تەرکی شتی حەرامو ناڕەوا . وە بۆ بەجێهێنانی طاعەتو بەندەیی خودا • وە لەو شوێنە بەرزانەدا پێشوازییان ئەکرێ بە سەلامو رێز ، واتــە فریشتەکان دێن بە پیریانەوەو سەلامیان لێ ئەکەن ، وەکو لە کۆتایی سوورەتی (زمر)دا ئەفەرموێت : (سلام عليكم طبتم . فادخلوها خالدين) •

بزانن ! خودای تەعالا لە باسی بەندەکانی خۆیا لەم ئایەتە پیرۆزانەدا نۆ سیفەتی بەیان کرد کە بە (مهمات) ئەژمێررێن لە بیرو باوەڕاو ، لە دەستو داوێن پاکیداو ، لە دووری لە دەس بڵاوی و هەڵەیی لە مەسرەفداو ، لە دووری لە شایەتیدانی درۆداو ، لە دووری لە فیزو دەمارکردناو ، لە تەوبە کردن لە گوناەو ، لە شەونوێژو موناجاتاو ، لە پاڕانەوە بۆ پارازتن لە سزای دۆزەخ ؛ وە لە داواکردنی ئەنجامی باش لە خانەوادەو خانەدانا . وە باقی ســـیفاتی موسوڵمان وێنەی ئەمانەن یا کەمترن لەمانە ، بەڵام ئەمانە زۆر بەنرخن بۆیە خودا لەم شوێنەدا باسی کردن ، وە لەم شوێنەدا بە موناسەبە ئەم چــەن هۆنراوەمە نووسی :

بەندەی خالیصـــی بارەگـای خـــودا
کـە تەوفیق درا بـۆ رێگـەی هــــودا
دوورە لە ئیشــــراك لە کوفری مـەعبوود
لـە غەیـری خـودا نایـەوێ مەقصـــوود
دەســـــتێ خاوێنـە لـە خوێنی ناحـەق
نـابێ بـە ئـازار بۆ بەشــــر (مطلق)
مـەگـەر بـە جۆرێ لـەوا مـەئموور بێ
یـانی بـە ئەمری خودا مـەجبوور بێ
بـە کـاری فاحیش ، بـە زینـاکـاری
گیرۆدە نـابێ بـە شـــەرمەســـاری

یەکێ لەمانەی ئەگەر هاتە ڕێ
کاری بە (تەوبە) جێبەجێ ئەبێ
زووبەزوو لەسەر هیمەتی مەردان
مەشوەرەت ئەبا بۆ دەرگای یەزدان
بە پەشیمانی لە بای (سیئات)
بۆی دێ نەسیمی عەتری (حسنات)
ئەونە بە ڕەحمە خودای میهرەبان
تاوانی ئەکا بە خەیرو ئیحسان

* * *

بەندەی خوداوەند دوورە لە درۆ
چ بۆ شەهادەت چ بۆ گوفتوگۆ
دوورە لە فیزو دەماری نابار
نەخسوس بەرابەر بە پیاوی هەژار
وا ئەڕوا لەسەر پانایی زەوی
دەنگی پێی نەیێ بە دەنگی قەوی
دوورە لە تەبذیر ، لە کاری ئیسراف
میانە خەرجە بە یاسای ئینصاف
دوورە لە تاڵیو لە ترشی کەلام
وەلامی نادان ئەدا بە سەلام
لە ڕۆژو شەوا بە یاسای ئیخلاص
لە (ذمە)ی واجب خۆی ئەکا خەلاص
بێجگە لە واجیب بۆ ڕەزای خودا
شەو نوێژەکانی باش ئەکا ئەدا
ڕوکووعێ ئەبا بۆ خودای مەعبوود
لە خێرا بگا بە پایەی سوجوود

سـوجدەیێ ئەبـا لـە تـەختی عـەرزێ
دڵی عـارفـان بـۆ ئـەو بلـەرزێ
ئەپارێنەوە لـە خـودای ئەکـرەم
بیانپارێزێ لـە بۆی جەهـەنـەم
چ بـای ئـاگـریـن چ بـای زەمهـەریـر
(رب انـك العفـو القـديـر)
عیبـادی رەحمـان شـیرین رەوشتن
ئەڵێی فریشـتەی رەوضەی بەهەشتن
گـەلێ بەشـەرمن لـە رووی ئەییـامـا
(ان مـروا باللغـو مـروا کـرامـا)
وایـە دوعـایـان لای خودای عـەلـلام
لـە بـۆ (متقـین) ببـن بـە ئیمام
بـۆیـە داخـوازن بـۆ (قـرة العين)
تـا ژنو منـداڵ کـاتێ بێنە بـەیـن
ژنیـان صـاڵحەو کچیـان عەفیف بێ
دووربن لـە هەرچی کـارێ کەسیف بێ
کوڕیـان بۆ ئـەوان ببـن بـە چـرا
دووربن لـە مـەوجی هـەرچی ماجـەرا
مـادام بـەنـدەکـان حاڵیـان وەهایـە
خـودایش بـە کـەرەم بـە تەجەللایـە
بەسـەر ئـەوانـا ئـەبـارێ باران
وێنـەی خوڕزمی کـاتی بـەهـاران
بـارانی خـەیـرو ئیحسـانی عامی
دێتـەخوار بۆ سـەر جامیدو (نامی)

* * *

(قُلْ : ما يَعْبَؤُ بِكُمْ رَبِّي ــ لَوْلا دُعاؤُكُمْ ــ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكونُ لِزاماً) (٧٧)

خودای تەعالا پاش ئەوە صیفاتو بیرو باوەڕو کردەوەی بەندە باشەکانی گێڕایەوە بۆ موسوڵمانان ، وە بە هۆی تێکەڵییان لەگەڵ کافرەکانا ئەوانیش ئەیزانن •• فەرمان ئەدا بە حەزرەتی محەمەد ــ د ــ ئەڵێ : تۆ ئەی رابەری راست بڵێ بەو کافرانە : خودا هیچ ئیعتیبارێ ناکا بە ئێوە ، ئەگەر بانگکردنتان نەبێ بۆ طاعەتو بەندەیی، خۆ بە راستی ئێوەیش بەدرۆتانخستەوەو باوەڕتان نەکرد بە ئایاتی خوداو بە پێغەمەری ئەو وە لە پاشەڕۆژی نزیکدایە ئەو تۆڵەیە لەسەر بەدرۆخستنەوەکەتان بڕیاردراوە بۆتان ئەلکێ پێتانەوەو لێتان جیا نابێتەوەو خودا بێ نیازو ئیحتیاجە لە عالەم•

سووره‌تي شوعه‌راء ، مه‌كي‌يه ئايه‌تي ٩٧و ئايه‌تي ٢٢٤و ئايه‌ته‌كانى دواى ئه‌و تا كۆتايى سووره‌ته‌كه نه‌بێ ، ئه‌وانه مه‌ده‌نين ، سووره‌ته‌كه ٢٢٧ ئايه‌ته ، دواى سووره‌تي (الواقعه) هاتوه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(طسم) (١) تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ) (٢)

وشه‌ى (طسم) له ره‌مزه‌كانى قورئانه‌و لێكدانه‌وه‌كه‌ى عائيدى خوداى ته‌عالايه • خاوه‌ن ته‌فسيره‌كان ئه‌ڵێن : ناوى سووره‌ته‌كه‌يه • وه (تلك) ئيشاره‌ته بۆ ئه‌و ئايه‌تانه له‌مه‌ولا دێن ، واته ئه‌و ئايه‌تانه له‌مه‌ولا ئه‌خوێنرێنه‌وه ئايه‌ته‌كانى كتێبى رۆشنى رووناكه كه له زاناكان په‌نهان نيه •

(لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ أَلاَّ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٣) إِنْ نَشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ) (٤)

واتە وا دەرئەکەوێ تۆ ئەتەوێ خۆت هیلاك بکەیی‌و نەفسی خۆت بفەوتێنی لەسەر ئەوە کە ئەو کافرانە ئیمان نایەنن ، تۆ وا مەکە بە خۆت‌ر خۆت ماندوو مەکە ، ئێمە ئەگەر خواستمان لەســـەر ئەوە بوایە بە زۆر ئیمانیان پێ بهێنین بەلایەکمان بۆ ئەناردن جا بە ناچاری ملیان بۆ رائەکێشا • بەلام ئێمە نامانەوێ بە زۆر رەفتاریان لەگەڵ بکەین‌و یاسای خاترخۆیی دەرحەق بەوان تێکبدەین •

(وما يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنَ الرَّحْمنِ مُحْدَثٍ إلاَّ كانُوا عَنْهُ مُعْرِضِينَ) (٥)

ئەم کافرانە هەر عادەتیان لەسەر یاخێتی بوەو قەت بە ئاسانی روویان نەکردوەتە خێرو لەمەولایش قەت ئایەتێ لە لایەنی خوداوە نایێ بۆ ســەر ئەوان بە تازەیی‌و لە شەریعەتێکی تازەدا ئیللا ئەوان ئیعراضی لێ‌ئەنێن‌و گوێی نادەنێ •

(فَقَــدْ كَــذَّبُوا ، فَسَيَأْتِيهِمْ أنْباءُ ما كانُوا بِــهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٦)

بە راستی ئەم کافرانە وا تەکذیبی تۆیان کرد ، جا لەمەولا باسی راستی ئەو کیتابەیان بۆ دێت کە ئەوان گاڵتەی پێ دەکەن • واتە حاڵی ئەبن کـــە کارێکی ناهەمواریان کردو حەق نەبو کە عیناد بکەن‌و پێویست بو ئیمان‌بێنن‌و ئیطاعەی خودا بکەن‌و بێنە ژێر یاسای ئیسلام •

(ا وَلَمْ يَرَوْا إلى الأَرْضِ كَمْ أَنْبَتْنا فِيها مِنْ كُلِّ زَوْجٍ
كَرِيمٍ ؟ (٧) إنَّ فِي ذلِكَ لَآيَةً ، وما كانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (٨)
وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (٩)

ئايا ئه‌م كافرانه ناڕوانن بۆ زه‌وی تا بزانن چه‌ن جۆر گیامان تیا ڕواندوه له هه‌موو جۆرێ له گیای به‌نرخ و قیمه‌ت نێرو مێیه‌كمان ڕواندوه بۆ سوودی ئاده‌میزادو خۆراكی خۆیانو ئاژه‌ڵیان ؟ به ڕاستی له‌م جۆره دروستكردنه‌دا نیشانه‌ی گه‌وره هه‌یه له‌سه‌ر قودره‌تی خودا ، وه‌لحاڵ زۆربه‌یان ئیمانیان نه‌هێنا • وه به ڕاستی خودای تۆ زاڵه به‌سه‌ر خواستی خۆیاو میهره‌بانه بۆ خه‌ڵك . ئه‌گه‌رنا ئه‌م وه‌زعه‌ی لێ قه‌بووڵ نه‌ده‌كردن •

(وإذْ نادى رَبُّكَ مُوسى : أَنِ ائْتِ القَوْمَ الظَّالِمِينَ (١٠)
قَوْمَ فِرْعَوْنَ الا يَتَّقُونَ ! (١١)

باسی ئه‌وه بكه‌ن كه خودای تۆ بانگی كرد له موسا : كه بێ بڕۆ بۆ لای ئه‌و گه‌له سته‌مكاره كه قه‌ومی فیرعه‌ونه ئایا له‌خودا ناترسنو ناگه‌ڕێنه‌وه بۆ سه‌ر یاسای دادگه‌ری •

(قالَ : رَبِّ إنِّي أَخافُ أَنْ يُكَذِّبُونِ (١٢) ويَضِيقُ
صَدْرِي ، ولا يَنْطَلِقُ لِسانِي فَأَرْسِلْ إلى هارُونَ (١٣) ولَهُمْ
عَلَيَّ ذَنْبٌ فَأَخافُ أَنْ يَقْتُلُونِ) (١٤)

موسا فه‌رمووی : خودایه من ئه‌ترسم له‌وه كه به درۆمبخه‌نه‌وه‌و بڕۆن به گژماو به هۆی ئه‌و ته‌كذیبه‌وه دڵم ته‌نگ ئه‌بێو نایشتوانم ئیستیدلال

بکەم‌و ئیلزامیان بدەم ، چونکی زمانم بەرنابێ‌و ئەگیرێ . جا هارونی برام لەگەڵما بکە بە پێغەمەر با ئەو یارمەتیم بدا لە وتاراو لە وەڵامدانەوەی ئەو گەلە ستەمکارەدا ، وە بێجگە لە عوزرە پێشوەکان تاوانێکیشم کردوەو پیاوێکم لێ‌کوشتوون تۆڵەی ئەو تاوانەیانم لەسەرەو ئەترسم کە بمکوژن •

(قالَ : كَلاَّ ، فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا إِنَّا مَعَكُمْ مُسْتَمِعُونَ) (١٥)

جا خودا فەرمووی : وا هاروونم کرد بە پێغەمەر لەگەڵتاو هەرگیز لەوە مەترسە کە بتکوژن‌و زمانیشم بەرەڵا کردی ، دەی هەردوکتان بڕۆن لەگەڵ چەن موعجیزاتێکدا کە من ئەتاندەمێ‌و ئێمە لەگەڵتانایین‌و گوێی قودرەتمان لێتانەو هەموو رازێکی ئێوە وەرئەگرین •

(فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولا : إِنَّا رَسُولُ رَبِّ العَالَمِينَ (١٦) أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرائِيلَ) (١٧)

وە بڕۆن بۆ لای فیرعەون‌و پێی بڵێن : ئێمە فروستادەی خودای جیهانین ، بۆ ئەوە هاتووین کە پێت بڵێین : بەنی‌ئیسرائیلمان لەگەڵا رەوانە بکە با بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان‌و لەمە زیاتر ئازاریان مەدە ئەوانیش ئادەمیزادن •

(قالَ : أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيداً، ولَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ (١٨) ، وفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وأَنْتَ مِنَ الكافِرِينَ ؟!) (١٩)

جا موساو هارون کەوتنە رێگا هەتا گەیشتنە میصر ، جا رۆیشتن بۆ لای فیرعەون . ئەوەی خودا فەرمووی پێیان گەیاند • ئەویش بە ملهوڕیو (استنکار)ەوە کەوتە قسە لەگەڵیاو پێی وت : ئایا ئێمە تۆمان بە منداڵی پەروەردە نەکرد لە ناو خۆماناو لە خانەدانی خۆماو . چەن ساڵ لە ژیانی خۆت لە لای ئێمە رات‌نەبوارد ؟ وە ئەو کردەوە نابارەت کرد کە کردت کە زەلامێکی کوشتبوو ــ وە لەو کاتەدا لەوانە بووی ناسوپاس بووی لەگەڵ گەورەی خۆتا . جا چۆن ئینسانی ناسوپاس ئەبێ بە رابەر ؟! وەیا تۆ لە ئێمە بووی ئەو رۆژە کە ئێستە بە کافرمان دائەنێی . ئەوسا بۆچی ئێمە باش بووین هەتا تۆمان بەخێو ئەکردو، ئێستە بۆچی‌بە ئینسانی ناپیاوو ستەمکارمان دائەنێیو داوای ئەوە ئەکەی دەست‌بەرداری رەعیەتی خۆم ببم ؟!

(قَالَ : فَعَلْتُهَا إذاً وأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ (٢٠)، فَفَرَرْتُ مِنْكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ . فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكْماً ، وجَعَلَنِي مِنَ المُرْسَلِينَ (٢١) وتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أنْ عَبَّدْتَ بَنِي إسْرائِيلَ ؟ (٢٢)

جا حەزرەتی موسا ــ د ــ وەڵامی قسەکانی فیرعەونی دایەوە فەرمووی : بەڵێ من ئەو کردەوە نابارەم کرد کە کوشتنی ئەو نەفسە (قیبطی)یە بو لە تاقسی تۆدا ، بەڵام من لەو کاتەدا نەزان بوومو ئاگام لەوە نەبو کە ئەو کارەساتە نابارەی لێ پەیدا ئەبێ ؛ چونکی من مشتەکۆڵەیەکم لێداو مشتەکۆڵ لەوانە نیە ئینسانی پێ‌بمرێ ، کەچی قەزای خودا وابوو بمرێ •

بە کورتی کارەکەی هەڵە بوو قەسدی کوشتنی نەبوو کاری هەڵە لەوانە نیە ئینسانی لەسەر دووچار بکرێ بەو شێوە • جا پاش مردنی کابرا

من هەڵاتم لە وڵاتی میصر لەو کاتەدا کە لێتان ترسام • جا خودا بە میهرەبانی خۆی عەقڵو رایەکی دامەزراوی پێدامو کردیشمی بـە یەکێ لە پێغەمەرە (مورسەل)ەکان ، وە ئەو نیعمەتی تەربیەتی تۆیە بۆ منو لەسەر من لەبەر ئەوە نەبو کە تۆ منت خۆشویستبێ • بەڵکو لەبەر ئەوە بو کـــە تۆ بەنیئیسرائیلت کردبو بە بەندەو رامت کردبوون بۆ هەموو کارێکی ناهەموارو ئازارت ئەدان بە بێگارو ، نێرینەی نەتەوەکەیانت سەرئەبڕیو ، دایکی من لە ترسی ئەوەدا خۆی نەیتوانی رامبگرێ ، وەها خستمیە ناو صندوقو دامی بە دەم ئاوی نیلەوەو ئاو لایدام بۆ ماڵی ئێوەو ڕێگەو جێگەم کەوتـــە لای تۆ •

(قالَ فِرْعَوْنُ : وما رَبُّ العـــالَمِينَ ؟ (٢٣) قالَ : رَبُّ السَّماواتِ والأَرْضِ ومَا بَيْنَهُما إنْ كُنْتُمْ مُوقِنِينَ) (٢٤)

جا فیرعەون لە حەزرەتی موسای پرسی : حەقیقەتی ئەو خودای عالەمە چیە کە تۆ من بانگ ئەکەی بۆ ئەوە عیبادەتی بۆ بکەین ؟ ئەویش لە وەڵاما فەرمووی : حەقیقەتی خودا نە بە من کەشف ئەکرێو نە تۆیش لەو حەقیقەتە حاڵی ئەبی ، ئەوەندە هەیە پێویستە خودا بە ئاسارا بناسین ؛ بۆ وێنە ئەڵێین : خودا پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەویو هەرچی وا لە بەینی ئەوانایە ، ئەگەر ئێوە لەوانە بن باوەڕ بکەن بەوە کە ئاساری (ممکنه) لەوانە نیە بـە بێ (مؤثر) ببێ •

(قالَ لِمَنْ حَوْلَهُ : أَلا تَسْتَمِعُونَ ؟) (٢٥)

جا فیرعەون وتی بەوانەی لە دەوریا بوون : ئایا نابیسن ئەو جوابە نارێکە کە موسا ئەیداتەوە ، من پرسیاری راستی پەروەردگاری عالەمی لێ ئەکەم ئەویش بە ئاثار وەلامم ئەداتەوە •

(قالَ : رَبُّكُمْ وربُّ آبائِكُمُ الاَوَّلِينَ) (٢٦)

ئەمجار حەزرەتی موسا لایدا لە باسی زەوی‌و ئاسمانەکان‌و ئەوەی وا لە نێوانیاندا ؛ چونکە شتێکی دوورن لەبەرچاواو فەرمووی : خودای تەعالا پەروەردگاری ئێوەیەو پەروەردگاری باپیرە پێشوەکانتانە کە مردوون •

(قالَ : إنَّ رَسولَكُمُ الَّذِي اُرْسِلَ إلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ) (٢٧)

جا فیرعەون وتی بەوانەی لە دەوریا بوون : بە راستی ئەو پێغەمەرەی کە نێرراوە بۆ لای ئێوە بێگومان شێتە ؛ چونکی من پرسیاری شتێکی لێ دەکەم‌و ئەو وەلامی شتێکی ترم پێ ئەداتەوە •

(قالَ : رَبُّ المَشْرِقِ والمَغْرِبِ وما بَيْنَهُما إنْ كُنْتُمْ تَعْقِلونَ) (٢٨)

جا حەزرەتی موسا فەرمووی : خودای عالەم خودای خۆرهەلات‌و خۆرنشین‌و مابەینی ئەم دوانەیە ئەگەر خاوەن عەقڵن‌و لە راستی ئەگەن •

(قالَ : لَئِنِ اتَّخَذْتَ إلهاً غَيْرِي لأَجْعَلَنَّكَ مِنَ المَسْجونِينَ) (٢٩)

جا فیرعەون وتی بە حەزرەتی موسا : سوێندت بۆ ئەخۆم ئەگەر غەیری من خودایەکی تر بۆ خۆت دابنێی تۆیش ئەکەم بە یەکێ لەو زیندانییـــە بەدحاڵانە کە خۆت ئەزانی حاڵیان چەند خراپەو چەندێ سزاو ئازاریان هەیە•

(قالَ : اَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُبِينٍ ؟) (٣٠)

موسا فەرمووی : هەر سزام ئەدەی ئەگــەر چی من موعجیزەیەکی وەهات بۆ بێنم کە راستی دەربڕێ ؟

(قالَ : فَأْتِ بِهِ إنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ) (٣١)

جا فیرعەون وتی : دەی ئەو موعجیزە بێنە ئەگەر تۆ راست ئەکەیتو لە راستگۆیانی •

(فَألْقى عَصَاهُ فَإذا هِيَ ثُعْبَانٌ مُبِينٌ (٣٢) وَنَزَعَ يَدَهُ فَإذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ) (٣٣)

جا موسا عاساکەی دەستی فڕەداو کوتوپڕ بوو بە مارێکی گەورەی وا کە لە بەرچاوی عالەمەکەدا دیار بو کە مارە ، وە دەستی لە باخەڵی دەرهێنا دەستێکی سپی جوان بو لەبەرچاوی ئەوانەدا بۆیان ئەڕوانی ، ریوایەت کراوە : دەستی وا ئەگرا ئەتوت چرایە •

(قالَ لِلمَلأِ حَوْلَهُ : إنَّ هـذا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ (٣٤) يُرِيدُ اَنْ يُخْرِجَكُمْ مِنْ اَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِ ، فَماذَا تَأْمُرُونَ ؟ (٣٥)

قالُوا : أَرْجِهْ وأَخَاهُ . وأَبْعَثْ فِي المَدائِنِ حاشِرِينَ (٣٦) ،
يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ) (٣٧)

جا پاش ئەوە کە حەزرەتی موسا ــ د ــ ئەو دوو موعجیزە گەورەیە نیشانی فیرعەون دا ، فیرعەون بەو خەڵکەی دەورو بەری خۆی وت : ئەمە جادووگەرێکی زانایە . ئەیەوێ ئێوە لەم وڵاتی خۆتانە دەربکا بــە هۆی جادوەکەیەوە جا ئێتر ئێوە ئەمرتان بەچییە ؟ ئەوانیش وتیان : لەگەڵ براکەیا رایانبگرەو بنێرە بۆ شارەکانی وڵاتی میصر فەننانو جادووزان گرد بکەنەوەو هەرچەن جادووگەری بە مارێفەت هەیە هەموویان بێنن بۆ لات •

(فَجُمِعَ السَّحَرَةُ لِمِيقاتِ يَوْمٍ مَعْلومٍ (٣٨) وقِيلَ لِلنَّاسِ : هَلْ أَنْتُمْ مُجْتَمِعونَ ؟ (٣٩) لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إنْ كانُوا هُمُ الغَالِبِينَ) (٤٠)

جا فیرعەون لەسەر ئەو راوێژە مەئموورەکانی خۆی نارد بە وڵاتانا بە شوێنی جادووگەراناو هەموویان لە کاتێکی دیاریکراودا گردکرانەوە ، جا جاڕ درا بە ناو خەڵکدا : ئایا ئەتوانن زوو لەو شــــوێنە دیاریکراوەدا گردبینەوە هەتا تەماشای وەزعی موساو هــاروون بکــــەین لەگــــەڵ جادووگەرەکانی خۆمانداو بزانین کام لایان بە دەستەڵاتن لە کاری خۆیانا ؟ بەڵکو بکەوینە شوێنی جادووگەرەکانی خۆمان ئەگەر ئەوان غاڵب بوون بەسەر موساو هاروونا •

(فَلَمَّا جاءَ السَّحَرَةُ قالُوا لِفِرْعَوْنَ : أَإِنَّ لَنَا لَأَجْراً إِنْ كُنَّا نَحْنُ الغَالِبِينَ (٤١) قَالَ : نَعَمْ ! وإِنَّكُمْ إِذاً لَمِنَ المُقَرَّبِينَ) (٤٢)

کاتێ جادووگەرەکان هاتن بۆ مەیدانی فەنبازیی بەر لەوەی دەست بکەن بە کاری خۆیان وتیان بە فیرعەون : ئایا ئێمە پاداشێکمان ئەبێ ئەگەر ئێمە سەرکەوتین ؟ فیرعەون وتی : بەڵێ مافتان هەیەو پاداشتان هەیەو بێجگە لەوەیش ئێوە لە پیاوەکانی بارەگا ئەبن ئەگەر سەر بکەون •

(قالَ لَهُمْ مُوسى : أَلْقُوا ما أَنْتُمْ مُلْقُونَ (٤٣) فَأَلْقَوْا حِبالَهُمْ وعِصِيَّهُمْ ، وقالُوا : بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ ! إِنَّا لَنَحْنُ الغَالِبُونَ) (٤٤)

جا ئەو جادووگەرانە هاتن بۆ لای موساو پێیان وت : یا تۆ پێش بکەوە لە کاری خۆتا یا ئێمە ، ئەویش فەرمووی : قەی ناکە ئێوە لە پێشا چی لە مەیدانا فڕە ئەدەن فڕەی بدەن ، ئەوانیش هەرچی پەتو داریانپێ بو لەوانە کە لە جادووگەریدا بەکاردەهێنران فڕەیان دا وەوتیان : بە هۆی عیززەتی فیرعەونەوە ئێمە سەرئەکەوین ، وە ئەوەی بۆیان کـرا کردیانو نیشانی خەڵکیان دا •

(فَأَلْقَى موسى عَصَاهُ فَإِذا هِيَ تَلْقَفُ ما يَأْفِكُونَ) (٤٥)

جا حەزرەتی موسا عاساکەی خۆی فڕەدایە مەیدانو کوتوپڕ ئـەو عاسایە بوو بە ئەژدیهایەکی گەورەو مارێکی مارخۆرو بە جارێ هەرچی ئەوان

به درۆو ده‌له‌سه دروستیان کردبو هه‌مووی قووت‌دان‌و شـــــوێنه‌واری نه‌هێشتن •

(فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ (٤٦) قَالُوا : آمَنَّـــا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ ؛ (٤٧) رَبِّ مُوسى وهرونَ) (٤٨)

جا ئه‌و جادووگه‌رانه وه‌ها بێ‌حاڵ بوون هیــچ خۆیـان بۆ نه‌گیراو له‌په‌وڕوو که‌وتن سوجده‌یان برد بۆ ئیسان به خودای ته‌عالاو وتیان : ئیمانمان هێنا به په‌روه‌ردگاری هه‌موو عالەم ؛ ئه‌و که‌سه که په‌روه‌ردگاری موســاو هاروونه •

(قَالَ : آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ ؟! إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ . فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ! لأُقَطِّعَنَّ أَيْـــدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِـــلافٍ ، وَلأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ! (٤٩) قَالُوا : لا ضَيْرَ إِنَّا إِلى رَبِّنَا مُنْقَلِبُونَ (٥٠) إِنَّا نَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لَنَـــا رَبُّنَا خَطَـــايَانَا أَنْ كُنَّـا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ) (٥١)

فیرعه‌ون وتی : ئێوه ئیمانتان هێنا به خودای موسا له پێش ئه‌وه‌دا که من ئیزنتان بده‌م ؟! ئه‌ڵبه‌ته به راستی ئه‌و جادووگه‌ره گه‌وره‌که‌تانه ، ئه‌وه که جادووگه‌ری‌ی نیشانی ئێوه دا ، جا له‌مه‌ولا ئه‌زانن چیتان به‌سه‌ر دێنم ، هه‌مووتان هه‌ڵئه‌واسم ! ئه‌وانیش له به‌رانبه‌ری ئه‌م هه‌ڕه‌شه‌و تاپاڵه‌دا وتیان به فیرعه‌ون : هه‌رچیمان پێ ئه‌که‌ی زیانی نیه ؛ چونکی ئێمه لـــه پاش ئه‌وه

کارەسەتانە بۆ لای خودای خۆمان ئەگەڕێینەوەو چاوەڕوانی ئەوەین کە خودا تاوانەکانمان ببەخشێ لەبەر ئەوە کە یەکەم کەسێکین لە جادووگەران ئیمان بە ڕەهبەری خودا بێنین، یاخود یەکەم کەسێکین لە عەلاقەداری فیرعەون کە لەی لادەینو ئیمان بێنین بە ڕەهبەری ڕەوانەکراوی خودا •

(وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي ، إِنَّكُمْ مُتَّبَعُونَ) (٥٢)

جا پاش ئەو کارەساتە کە لە عالەم دەرکەوت موسا پێغەمەری خودایەو جادووگەرەکان هەموو ئیمانیان پێ هێناو . نیەتی بەدو شەڕی فیرعەون هاتە سەر ئەوە کە موساو بەنی‌ئیسرائیلیەکان هەموویان بەرباد بکا وەحیمان نارد بۆ موسا : کە شەوڕەوی بکە بە بەندەکانم ئەوانە کە تۆ ئەتەوێ لە دەستی فیرعەون ڕزگاریان بکەی با زوو بە شەوا دوور بکەونەوە لە دەستەیاوی فیرعەون ؛ چونکی ئێوە دواکەوتوون . واتە سوپای فیرعەون لەگەڵ فیرعەوندا دێن بە دواتانا • جا ئەوانیش هەر بەشەوا خۆیان ئامادەکردو لە شوێنی خۆیان دەرچوون بۆ ئەوە کە دوور بکەونەوە لە ئاوەدانی فیرعەونو ڕۆیشتن تا نزیکی نیل بوونەوە •

(فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (٥٣) إِنَّ هَؤُلَاءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (٥٤) وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ (٥٥) وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ) (٥٦)

جا فیرعەون نە کۆچکردنی بەنیئیسرائیل ئاگادار بو . ئەویش مەئمووری نارد بۆ ولاتان کە ئامادە بن و بێن بە شوێن بەنی ئیسرائیلدا لە هەر لایەکدا بێ بیانگرن و دیلیان بکەن . هەروا بۆیان بەیان کردن کە ئەوانە تاقمێکی بێ ئەسباب و بێ چەکن و ئەوانە زۆر بە کینەو قارن لە ئێمەو ، ئەگەر لە دەستمان دەربچن و هێز بگرن ئەنجامی باش نابێ و ئێوەیش ئەزانن کە ئێمە حوکوومەتێکین ئەترسین و پارێز ئەکەین و هەرگیز دوژمنی بچووك بە بچووك نازانین و مەترسی لە هەموو تەقەو رەقەیێ ئەکەین .

(فَأَخْرَجْنَاهُمْ مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٥٧) وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٥٨) كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ) (٥٩)

جا ئێمە بە هۆی دەرچوونی بەنیئیسرائیل لە شوێنەکەی خۆیان روو بە ئاوی نیل بۆ ئەوە بپەڕنەوە بۆ ڕێی شامات کۆمەڵی قیبطیەکانیشم وەرگرت بە بەهانەی تەعقیبی بەنیئیسرائیلەکان لەناو باخ و سەرچاوەو خەزێنەو شوێن و کۆشك و تەلاری بڵندیان وەکو دەرمان کردن ، چونکی پاش دەرچوونەکەیان نەگەڕانەوە بۆی لە بەر ئەوە لە ئاوی نیلدا خنکان ، وە ئەو باخ و سەرچاوەو خەزێنەو شوێنە باشانەم دایەوە بە بەنی ئیسرائیلیەکان . ئەمە بە گوێرەی ئەوە کە بڵێین بەنیئیسرائیلییەکان پاش خنکانی فیرعەون و سوپاکەی گەڕانەوە بۆ میصرو تیا دانیشتن ؛ بەڵام ئەگەر بەو ریوایەتە قایل نەبین ، ئەبێ بڵێین : دوای ئەوەی لە فەلەستیندا دامەزران وێنەی ئەو باخ و خانوو بەرەمان پێدان .

(فَأَتْبَعُوهُمْ مُشْرِقِينَ) (٦٠)

جا فیرعەون‌و سوپاکەی لە بەرەبەیانا کەوتنە شوێن موساو پەیڕەوانی •


(فلمَّا تَراءَ الجَمْعانِ قالَ اَصْحابُ مُوسى : إنَّا لَمُدْرَكونَ (٦١) قالَ : كلاَّ إنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدينِ) (٦٢)

کاتێ پاش هەتاوکەوتن هەردوو سوپاکە لە یەك دەرکەوتن‌و سوپای فیرعەون نزیك بوونەوە لە کۆمەڵی بەنیئیسرائیلیەکان هاوڕێکانی موسا وتیان : بێگومان سوپای فیرعەون پێمان‌ئەگەن ، واتە سوپاکەی فیرعەون پێمان ئەگەن ، لەبەر ئەوە ئەوان پڕچەك‌و ئامادەو چاوسوورن‌و ئێمەیش بێ چەك‌و بێ دەستەڵاتین‌و روباری گەورەی نیلیش وا لە پێش دەممانەوە • حەزرەتی موسا ــ د ــ زۆر بە هیمەت‌و ورەیەکی بەرزەوە فەرمووی : نەکەن قسەی وا بکەن ؛ چونکی بە راستی پەروەردگاری من لەگەڵمایە شارەزام ئەکا بۆ کارێ ببێ بە هۆی رزگاریم‌و دیارە رزگاری منیش بە رزگاری گەلەکەمەو ، من گومانم نیە مادام لەسەر فەرمانی خودا هاتوومەتە دەرەوە پارێزراو ئەبین •

(فاَوْحَيْنا إلى مُوسى : اَنِ اضْرِبْ بِعَصاكَ البَحْرَ ، فَانْفَلَقَ ، فَكانَ كُلُّ فِرْقٍ كالطَّوْدِ العَظِيمِ (٦٣) واَزْلَفْنا ثَمَّ الآخَرِينَ (٦٤) واَنْجَيْنا مُوسى ومَنْ مَعَهُ اَجْمَعِينَ (٦٥) ثُمَّ اَغْرَقْنا الآخَرِينَ (٦٦) إنَّ فِي ذلِكَ لآيَةً ، وما كانَ اَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (٦٧) وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (٦٨)

جا لەو تەنگاوەدا وەحیمان کرد بۆ لای موسا : بە عاساکەت بدە لە دەریای نیل ، ئەویش لێیداو دەریاکە بەش‌بەش بوو ، هەر بەشێکی وەکو

کێوێکی گەورە بەرزەوە بو ، وە لەم کاتەدا سوپاکەی فیرعەونیشمان نزیك کردەوە بۆ ئەوە بە شوێن سوپاکەی موسادا بڕۆنە ناو دەریاکەوە ، جا چون بەنی‌ئیسرائیلیەکان ڕۆیشتن بە کۆلانەکانی نیلدا کە بووبو بە دوازدە کۆلان بە قەی هۆزەکانی بەنی‌ئیسرائیل •• سوپاکەی فیرعەونیش نیشتنە ناو نیل بەو کۆلانانەدا کە خودا بە شێوەی (خرق العاده) دروستی کردبوون بۆ موسا ـ د ـ بەلام ئێمە موسامان لەگەل کۆمەلەکەیدا رزگار کردو پاش رزگارکردنی ئەمانە سوپاکەی فیرعەون لەگەل فیرعەونا هەموویانم نوقمی ئاوی نیل کرد • بە راستی لەم کارەساتەدا نیشانەیەکی گەورەی بە نرخ هەیە بۆ دەلالەت لەسەر تەوانایی خودا • ئەنا کێ چاوی کەوتوە بە دەریایەکی وەکو نیل لەسەردا بێتەخوارەوەو ئەم ئاوە بەهێزە لە جوولە بکەوێو چەن کۆلانی ـ بە باری پانیدا ـ تێ بیێو ئەم سوپایەو ئەم هەمو مالو مندالەی لێ‌دەربچێو بە شوێنی ئەوانیشدا سوپای دوژمن بێتە ناو ئەو دەریاو هەتا ماوەیێ تیایا بنو پاش دەرچوونی بەنی‌ئیسرائیلەکان ئـــەوان هەموویان بخنکێن ؟! بەلام جێگەی داخە زۆربەی ئەو خەلکە ئیمانیان نیە : بەشـــی قیبطیەکان کافر بوونو بە کافری خنکانو ، بەشی ئیسرائیلیەکان کەمێکیان موسولمانی ساغو دامەزراو بوونو گەلێکیان ئیمانەکەیان رووکەش بو لەبەر ئەوە (سامیری) تەفرەی دانو کردنی بە گوێرەکەپەرست •



(واتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْراهِيمَ (٦٩) إِذْ قالَ لِأَبِيهِ وقَوْمِهِ : ما تَعْبُدونَ ؟(٧٠) قالُوا : نَعْبُدُ أَصْناماً فَنَظَلُّ لَها عاكِفِينَ)(٧١)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بخوێنەرەوە بەسەر ئەو کافرانەدا بەسەرهاتی (ابراهیم) : کاتێك بە ئازەری باوکیو بـــە گـــەلەکەی وت : ئێوە چی

ئەپەرستن ؟ ئەوانیش وتیان : بەندەیی‌و پەرستیاری چەن بتێ ئەکەین‌و بە دەوریانا دائەنیشین‌و خەریکی پەرستیارییان ئەبین •

(قالَ : هَلْ يَسْمَعونَكُمْ إذْ تَدْعونَ ؟ (٧٢) اَوْ يَنْفَعونَكُمْ ، اَوْ يَضُرّونَ ؟ (٧٣) قالُوا : بَلْ وَجَدْنا آباءَنا كَذلِكَ يَفْعَلُونَ) (٧٤) •

ئیبراهیم پێی فەرموون : ئایا ئەو بتانە قسەتان لێ ئەبیستن کاتێ کە بانگیان ئەکەن ؟ یاخود سوودێکتان پێ ئەگەیەنن ؟ ئەوانیش وتیان : پەرستنی ئێمە بۆ ئەو بتانە لەسەر ئەساسی قسەبیستن‌و سوودو زیان گەیاندن نیە ، بەڵکو هەر لەسەر پەیڕەوی باوک‌و باپیرەکانمانە ئەوان ئەم بتانەیان پەرستوەو ئێمەیش ئەیان پەرستین •

(قالَ : اَفَرَأَيْتُمْ ما كُنْتُمْ تَعْبُدونَ (٧٥) اَنْتُمْ وَآباؤُكُمُ الاَقْدَمُونَ ؟ (٧٦) فإنَّهُمْ عَدُوٌّ لِي ، إلاّ رَبَّ العالَمِينَ (٧٧) الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ (٧٨) والَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي ويَسْقِينِ (٧٩) وإذا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (٨٠) والَّذِي يُميتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ (٨١) والَّذِي اَطْمَعُ اَنْ يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ) (٨٢)

جا حەزرەتی ئیبراهیم بە ئیستینکارەوە پرسیاری لێ کردن‌و فەرمووی: ئایا ئێوە بیرتان کردەوە یاخود تەماشاتان کرد بزانن ئەو بتانە کە ئێوە بەندەییتان کردوون‌و ئەیکەن‌و باپیرەکانتان بەندەییان بۆ کردوون چین‌و

چیبیان لە باردایە ؟ ئەگەر لە واقیعدا ئێوە بیرتان بکردایەتەوە قەت ئەوانەتان نەئەپەرست ، جا ئەگەر ئەتانەوێ حاڵیان تێبگەن بە راستی بزانن ئەو بتانە دوژمنن بۆ منو بۆ ئێوەیش ، بەڵکو ئێمە دوژمنین بۆ ئەوان پەروەردگاری عالەم نەبێ ئەو کەسەی کە منی لە نەبوون دروستکردوەو پاش دروستکردنەکەیشی ئەو هیدایەتم ئەداو شارەزام ئەکا بۆ گرتنی رێگەی راستی ئایین هەتا پیایا برۆم • وە ئەو خودایە کە خواردەمەنیم پێئەداو ئاوم ئەداتێو کاتێ نەخۆش کەوتم شیفام ئەدا ، وە ئەو کەسە کە ئەممرێنێو لە پاش مراندن زیندوومان ئەکاتەوە ، وە ئەو خودایە کە بە هیوام لە رۆژی قیامەتو پاداشدا تاوانم ببەخشێ •

(رَبِّ هَبْ لِي حُكْماً وأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (٨٣) واجْعَلْ لِي لِسانَ صِدْقٍ فِي الآخِرِينَ (٨٤) واجْعَلْنِي مِنْ وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ (٨٥) واغْفِرْ لأَبِي إِنَّهُ كانَ مِنَ الضَّالِّينَ (٨٦) ولا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (٨٧) يَوْمَ لا يَنْفَعُ مالٌ ولا بَنُونَ (٨٨ إِلاَّ مَنْ أَتَى اللهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ) (٨٩)

جا ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیم لە پاش قسەکردن لەگەڵ گەلەکەیا بۆ خۆی لە خودا ئەپاڕێتەوەو ئەفەرموێت : پەروەردگارا کەماڵێکی وام بدەرێ لە زانستیو کردەوەدا کە بتوانم پێویستی سەرشانی خۆم بەجێ بێنمو بتوانم رێنومایی ئادەمیزاد بکەم بۆ بەختیاریو پیرۆزی لە هەردو جیهانا • ئەی پەروەردگار ئینسانێکی خاوەن زمانی راستم پێ بدە لە بەندە دواکەوتوەکانتا • واتە لە نەتەوەکەما رۆڵەیەکی وام پێببەخشە کە زمانی بە

ڕاست هەڵسووڕێو قسەی باش بکا بۆ ئادەمیزاد با خێر لە نەتەوەمــــا نەبڕێتەوە •

وە یاخود شانو پایەو حورمەتێکم پێ بدە لە ناو ئەو ئومەتەدا کــــە پاش من دێن با ناوم بە باش ببەنو ستایشم بکەن بۆ ئەوە کە خەڵك بــەو قسە باشانە خوڵك بگرن •

وە بمکە بە یەکێ لەوانە بەهەشتی پێ ئەدرێ وەکو یەکێ ماڵێکی بە میرات بۆ دێتەوەو ، لە باوکیشم خۆش ببەو تاوانەکانی ببەخشە ؛ چونکی ئەو لە گومڕاهەکان بو ، وە لەناو موسوڵمانانا کاتێ زیندوئەکرێینەوە ڕسوام مەکە ، لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژێکە سوود نادا بە کەس دارایيو ئەولاد بە کەسێ نەبێ بە دڵێکی خاڵی لە کوفرو بیرو باوەڕی نابار هاتبێ بۆ لای خودا ، کەسێ کە حاڵی وابووبێ دیارە ئەگەر ماڵێکی بووبێ لە خێرا سەرفی کردووەو بۆ ڕۆژی قیامەت بەسوودە ، هەروا ئەگەر ئــەولادی بووبێ وەختی خۆی شارەزای کردوونو ڕێگەی دینی پیشان داون ، جا ئەو کوڕانە لە ڕۆژی قیامەتا سوودیان هەیە بۆ باوکەکانیان یا بە تکاکردن بۆیان یا بە خێراتێ کە وەختی خۆی لە ژیانا لەسەر ڕێنومایی باوکەکانیان کردوونیانو کردەوەکەیان سوودی ئەبێ بۆ باوکەکان •

(وأُزْلِفَتِ الجَنَّــةُ لِلمُتَّقِينَ (٩٠) وبُرِّزَتِ الجَحِيمُ لِلغَاوِينَ (٩١) وقِيلَ لَهُمْ : أيْنَ ما كُنْتُمْ تَعْبُدونَ (٩٢) مِنْ دونِ اللهِ هَلَ يَنْصُرونَكُمْ أوْ يَنْتَصِرونَ ؟ (٩٣) فَكُبْكِبُوا فِيها هُمْ والغَاوُنَ (٩٤ وجُنودُ إبْلِيسَ أجْمَعونَ !) (٩٥)

وە بەهەشت نزیك ئەخرێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە ئەهلی تەقواو پارێزن بە جۆرێ کە لە شوێنی قیامەوە ئەیبینن‌و خۆشحاڵی ئەکەن بەوە کە ئەڕۆن بۆ ناوی‌و ، دۆزەخیش بۆ گومڕاکان دەرئەخرێ‌و ئەیبینن دەست ئەکەن بە ئاخ‌و داخ لە ترسی ئەو چارەنووسە نابارەیان • وە لەو ڕۆژەدا لە لایەنی فریشتەوە ئەوترێ بە کافرەکان : ئەوە لە کوێن ئەوانە کە ئێوە بەندەییتان بۆ ئەکردن بێجگە لە خودا ؟ ئایا ئەوان یارمەتیتان ئەدەن بەوە کە سزاتان لێ دوور بخەنەوە ؟ یاخود ئەتوانن سەرکەون بەسەر ئەوەدا کە سزا لە خۆیان دوور بخەنەوە ؟ جا لە کاتی خۆیدا ئەو مەعبوودە بەتاڵانە لەگەڵ گومڕاکانا ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە ، هەروا سوپای شەیتانیش لەگەڵیانا بە کۆمەڵ ئەخرێنە دۆزەخەوە •

(قَالُوا — وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ — (٩٦) تَاللَّهِ إِنْ كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٩٧) إِذْ نُسَوِّيكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٩٨) وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ (٩٩) فَمَا لَنَا مِنْ شَافِعِينَ (١٠٠) وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ (١٠١) فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ !) (١٠٢)

جا کافرەکان — کاتێ لە ناو خۆیانا مەشغووڵی ڕقەبەرێ‌و هاوردو بردن — بە بتەکان ئەڵێن : بە خودا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین ، کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەردگارا وەك یەك دائەناو ، کەس ئێمەی گومڕا نەکرد موجریمە تاوانبارەکان نەبێ کە بریتین لەوانە خەڵکیان بۆ بتپەرستی ڕێك ئەخست ، وەکو پیاوە گەورەکانی ناو شارو ئەو شەیاتینە ئینسانانە کە ئێمەیان بۆ خزمەتی بتەکان هەڵئەنا ، جا ئێمە تکاکارمان نیەو دۆستێکی دڵسۆزیشمان نیە سوودێکمان پێ بگەیەنێ ، کاشکی جارێکی تر بگەڕاینایەوە

بۆ دنیا بۆ مەیدانی کردەوەی چاكو رەفتاری پاك ، تا بۆ خۆمان موسوڵمانی باش ئەبووین •

(إنَّ فِي ذلِكَ لآيَةً ، وما كانَ أكْثَرُهُم مُؤْمِنِينَ (١٠٣) وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (١٠٤)

بە راستی هەیە لەم سەرگوزەشتەی حەزرەتی ئیبراهیمەدا بەڵگەو پەند بۆ ئینسانی تێگەیشتوو •

یەکەم : لە میهرەبانی خوداو لوطفی لەگەڵ ئەو زاتەدا کە واداری کرد بۆ ئەوە تێکۆشێ بۆ لابردنی بیرو باوەڕی پووچو بەتاڵو دامەزراندنی بیرو باوەڕی بەرێز •


دووهەم : لەو هێزی دڵەدا کە ئیبراهیم بووی‌و چۆن ڕۆیشت بە گژ نەمروودو پەیڕەوەکانیدا کە ستەمگاری چەرخی خۆیان بوون •

سێهەم : لە خۆگرتنی ئیبراهیم لەبەر سزادا بە ئاگری سوور •

چوارەم : لەو پارازتنەدا کە خودا ئیبراهیمی پارازت‌و ئەو ئاگرەی بۆ کرد بە شوێنی هەوای ساردو خۆش •

پێنجەم : لە خۆگرتنی ئیبراهیمدا لەسەر دوورخستنەوە لە وڵاتی عیراق بۆ شامو بۆ دووری وڵاتان هەموو لە ڕێگەی دینا •

بە راستی خودای تۆ زاڵە بەسەر خواستی خۆیدا هەرچی بوێ ئەیکاو میهرەبانیشە لەگەڵ عالەما •



(كَذَّبَتْ قَوْمُ نوحٍ المُرْسَلِينَ (١٠٥) إذْ قالَ لَهُمْ أخُوهُمْ نُوحٌ ألا تَتَّقُونَ ؟ (١٠٦) إنِّي لَكُمْ رَسولٌ أمِينٌ (١٠٧) فاتَّقُوا

اللهَ وأَطِيعُونِ (١٠٨) وما اَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ اَجْرٍ ، إنْ اَجْرِيَ
إلاَّ عَلى رَبِّ العالَمِينَ (١٠٩) فاتَّقُوا اللهَ وأَطِيعُونِ) (١١٠)

وه له پێش زه‌مانی ئیبراهیمدا گه‌لی نوحیش پێغه‌مه‌رانیان به‌درۆخستوه‌ته‌وه ، واته نوحیان به درۆخستە‌وه له مه‌سه‌له‌ی یه‌کیه‌تی خوداو فه‌سادی بتپه‌رستیو هه‌ستکردن به مه‌سئولیه‌تی قیامه‌تدا که هه‌موو پێغه‌مه‌ران له‌مه‌دا یه‌ك قسه‌ن ، وه دیاره به‌درۆخستنه‌وه‌ی تاقه‌که‌سێ له مه‌سه‌له‌یه‌کی (اتفاقی) له به‌ینی عاله‌مێکدا به‌درۆخستنه‌وه‌یه بۆ هه‌موو ئه‌و عاله‌مه • به‌درۆخستنه‌وه‌که‌یشیان له‌و کاته‌دا بو که نوحی برایان پێی وتن : ئه‌وه بۆ ته‌قوای خودا ناکه‌ن ؟ ته‌قوای خودا قه‌ڵای پارێزه‌و هۆی به‌ختیاری ئینسانه له هه‌ردوو عاله‌ما ، به راستی من پێغه‌مه‌رێکی ئه‌مینو دڵپاکو قازانجخوازم بۆ ئێوه ، ده‌ی بێن په‌یڕه‌ویم بکه‌نو له خودای ته‌عالا بترسنو من داوای هیچ مزدێکتان لێ ناکه‌م به‌رابه‌ر به‌م ده‌رزو تالیمه ، مزدی منو پاداشی من وا له لای خودای په‌روه‌ردگاری هه‌موو عاله‌م ، ده‌ی ته‌قوای خودا بکه‌نو په‌یڕه‌ویم بکه‌ن •

(قالُوا : اَنُؤْمِنُ لَكَ واتَّبَعَكَ الاَرْذَلُونَ ؟ (١١١) قالَ :
ومَا عِلْمِي بِما كانُوا يَعْمَلُونَ ؟ (١١٢) إنْ حِسَابُهُمْ إلاَّ عَلَى
رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ (١١٣) ومَا اَنَا بِطارِدِ المُؤْمِنِينَ (١١٤) إنْ
اَنا إلاَّ نَذِيرٌ مُبِينٌ) (١١٥)

جا گه‌له‌که‌ی نوح له وه‌ڵامدا پێیان وت : ئێمه چۆن باوه‌ڕ به تۆ ده‌که‌ین که ئه‌رذه‌لو پڕو پووچی گه‌ل شوێنی تۆ که‌وتوون ؟ وه بۆ ئه‌وه شوێن تۆ

کەوتوون کە نانو ئاوێکیان دەستکەوێ ئەنا لەبەر بیرو باوەڕی راست نیە • نوح ـدـ لە وەلامی ئەوانا فەرمووی : من ئاگام لەوانە نیەو نازانم چی ئەکەنو نازانم لە راستیدا بە چی مەبەستێ دێن بۆ لای منو ئادابی دین بەجێدێنن • حسێبی ئەمانە لەسەر خودای منەو من حەقم بەسەر ئەو حسێبەوە نیەو بە هیچ جۆرێ من ئەو موسوڵمانانەی دەورم دەرناکەم ، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە ترسێنەرو بەیانکەرێکم لە لای خوداوە هاتووم •

(قَالُوا : لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا نُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ) (١١٦)

جا کافرەکان بە نوحیان وت : ئەگەر لەم دەنگوباسە دەسبەردار نەبیو واز نەهێنی سەنگەسارت ئەکەین •

(قَالَ : رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ (١١٧) فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحاً ، وَنَجِّنِي وَمَنْ مَعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ) (١١٨)


نوح ـ د ـ لە خودا پاڕایەوەو فەرمووی : خودایە بە راستی گەلەکەم بەدرۆیانخستمەوەو چوون بە گژما ، دەی بە عەدالەتو رەحمەتی خۆت حوکم بدە لە بەینی منو ئەواناو دەروویێکم لێ بکەرەوەو خۆمو ئەو خاوەن ئیمانانە وان لەگەڵما رزگارمان بکە لە چنگی ئازاری ئەم گەلە ناهەموارە •

(فَأَنْجَيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (١١٩) ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ) (١٢٠)

ئێمەیش ئەوو ئەوانەی لەگەڵیا بوون لە موسوڵمانان رزگارمان کرد لەو کەشتیەدا کە پڕ بو لە ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تر • پاش ئەوە بزانن جگە لەوانەی ناو کەشتیەکە چی ئادەمیزادی ئەو چەرخە هەبوو هەموومـــان خنکاند بە لافاو •

(إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً وما كانَ اَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٢١) وإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (١٢٢)

بە راســتی لــەم بەدەنگەوەهاتن‌و فریاکەوتنی نوحــە لەگەڵ باقی موسوڵمانەکاناو لەغەرقکردنی کافرەکانا بەڵگەیەکی گەورە هەیە لەســەر تەوانایی خوداو لەسەر یارمەتیدانی دۆستانی‌و شکاندنی دوژمنەکانی‌و ، بە راستی خودا هەموو شتێکی پێ دەکرێ‌و تواناو دەستەڵاتی بەسەر هەموو کارێکدا هەیە هەرچەند زۆربەی ئادەمیزادی چەرخ ئیمانیان بەم وەزعە نیە ، وە بە راستی خودای تۆ خاوەن عیزەتەو ئەتوانێ هەموو شتێ بکاو لــە عەینی کاتا میهرەبانیشە لە عەفوکردنی بازێ لە تاوانباران‌و دواخســـتنی تۆڵەی بازێکیانا •



(كَذَّبَتْ عادٌ المُرْسَلِينَ (١٢٣) إِذْ قَالَ لَهُمْ اَخُوهُمْ هُودٌ : أَلا تَتَّقُونَ ؟ (١٢٤) إِنِّي لَكُمْ رَســـولٌ اَمِينٌ (١٢٥) فاتَّقُوا اللهَ واَطِيعونِ (١٢٦) وما اَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ اَجْرٍ إِنْ اَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ العَالَمِينَ) (١٢٧)

واتە گەلی عادیش پێغەمەرەکانیان بەدرۆخستەوە لە کاتێکدا کـــە هوودی برایان‌و هاوڕیشەو هاونەژادیان پێی فەرموون : ئایا ئیتر تاوانباری

بەس نیەو تا کەی هەروا دەبن‌و لە خودا ناترسن ؟ من فروستادەیەکی هێمنم، لە لای خوداوە هاتووم بۆ لای ئێوە ، دەی لە خودا بترسن‌و فەرمانی من وەربگرن‌و روو بکەنە ئیمان‌و خودا بەیەک‌ناسین‌و خوو رەوشتی باش ، من داوای هیچ پاداشێکتان لێ ناکەم‌و پاداشی من هەر لەسەر خودایە •

(أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (١٢٨) وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩) وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (١٣٠) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ) (١٣١)

ئایا ئێوە لە هەموو شوینێکی بەرزو هەوادارا بینایەکی بەرزی دیاری دروست ئەکەن بۆ ئەوە کە ژیاتتان بە هەواو بێ‌سوود رابوێرن ؟ وە یا لە هەموو شوێنێکدا کە موناسبی حاڵتان بێ ماوایێ دروست ئەکەن‌و لە ناویا دائەنیشن بۆ ئەوە دەسدرێژی بکەن بۆ ئەوانە کە بە لاتانا رائەبوورن‌و رووتیان بکەنەوە لە دارایی خۆیان‌و لە ماوای خۆیشتانا چەن کۆشک‌و تەلارێکی ئەستوورو خاوەن مایە دروست ئەکەن بۆ ئەوەو بە هیوای ئەوە کە هەتا هەتایە لەسەر گەورەیی بمێننەوە • وە هەر کاتێ هەڵمەتتان برد بۆ سەر نەیار بە ستەمکاری‌و زۆرداری هەڵمەت ئەبەن‌و تەماشای پایەی تاوان‌و ئەندازەی (استحقاق)ی تاوانباران ناکەن • ئیتر ئەمە بەسە ، لە خودا بترسن‌و ، فەرمانی وەربگرن‌و ، پارێز لە نافەرمانی بکەن‌و ، خودا بەیەک‌بناسن‌و ، عەدالەت رابگرن‌و ، هەست بە مەسئولیەتی خۆتان بکەن لە پاشەڕۆژا •


(واتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ (١٣٢) أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وبَنِينَ (١٣٣) وجَنَّاتٍ وعُيُونٍ (١٣٤) إنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ) (١٣٥)

له‌و خودایه بترسن که یارمه‌تی ئێوه‌ی داوه به‌و نیعمه‌تانه که خۆتـان ئه‌یانزانن ، یارمه‌تی داون به ئاژه‌ڵو نه‌وه‌ی نێرینه‌و به چه‌نها باخو بێستانو، چه‌نها چه‌شمه‌ی ئاوی ره‌وان ؛ به راستی من ئه‌ترسم له‌وه که سزایه‌کی زۆر گه‌وره‌تان بێته سه‌ر له رۆژێکی زۆر گه‌وره‌دا ؛ چونکه ئه‌نجامی بێباکیی یاخیبوونو لادانه‌و ، ئه‌نجامی لادانیش که‌وتنو له‌ناوچوونو مردنو حسێبه.

(قَالُوا : سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُنْ مِنَ الوَاعِظِينَ (١٣٦) إنْ هذا إلاَّ خُلُقُ الأَوَّلِينَ (١٣٧) ومَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (١٣٨) فَكَذَّبُوهُ، فأَهْلَكْنَاهُمْ. إنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً، وما كانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) وإنَّ ربَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (١٤٠)

گه‌لی عاد له وه‌ڵامی ئامۆژگاری حه‌زره‌تی هودا ــ د ــ وتیان : به‌س قسه بکه ، لای ئێمه‌و له باری دڵی ئێمه‌دا یه‌کسانه تۆ ئامۆژگاریمان بکه‌ی یا نه‌یکه‌ی ، ئه‌م حاڵه‌تی تۆیه ره‌وشتی پێشینانه ئه‌ڕۆیشتنه سه‌ر گه‌له‌کانیان ئه‌م قسه بێ سوودانه‌یان ئه‌کرد ، ئێمه هه‌رگیز سـزا نادرێینو قیامه‌تو پرسیارو تۆڵه‌و پاداش نیه ! به راستی ته‌کـذیبی هودیان کردو منیش قارم لێ گرتنو ئه‌و گه‌له‌م له‌ناوبرد ، به راستی له‌م کاره‌دا که من به گه‌لی عادم

کرد بەڵگەیەکی گەورە هەیە لەسەر کارە دامەزراوەکانم و زۆربەی ئەو گەلە ئیمانیان نەبوو خودای تۆ خاوەن عیزەت و میهرەبانە •



(كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ (١٤١) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صالِحٌ : أَلا تَتَّقُونَ ؟ (١٤٢) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٤٣) فاتَّقُوا اللهَ وأَطِيعُونِ (١٤٤) وما أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ، إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ العَالَمِينَ) (١٤٥)

وە تایفەی ثەمودیش باوەڕیان بە پێغەمەران نەکرد لەو کاتەدا کە حەزرەتی صالحی برای هاوپشتیان پێی فەرموون : ئایا هێشتا لە خودا ناترسن ؟ بە راستی من فروستادەیەکی ئەمینم لە لای خوداوە بۆ سەر ئێوە ، دەی لە خودا بترسن و پەیڕەویم بکەن لە ئەمرو نەهیدا بەڵکو خودا رەحمتان پێ بکا •

(أَتُتْرَكُونَ فِي ماهَهُنا آمِنِينَ (١٤٦) فِي جَنَّاتٍ وعُيُونٍ (١٤٧) وزُروعٍ ونَخْلٍ طَلْعُها هَضِيمٌ (١٤٨) وتَنْحِتُونَ مِنَ الجِبالِ بُيوتاً فارِهِينَ (١٤٩) فاتَّقُوا اللهَ وأَطِيعونِ (١٥٠) ولا تُطِيعُوا أَمْرَ المُسْرِفِينَ (١٥١) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ ولا يُصْلِحونَ) (١٥٢)

ئایا وازتان لێ ئەهێنرێ هەروا بمێننەوە لەم شوێنە خۆشانەدا بە هێمنی لە ناو باخ و سەرچاوەی ئاواو ، لە ناو کشتوکاڵاو ، لە ناو بێستان و باخی

دارخورمای وادا کە (طلع)ەکەی ــ لقەکەی ــ زۆر نەرمو ناسك بێ ، یاخود لقەکەی لەبەر زۆری بەری دارخورماکە دابنەوێتەوە • وە بۆ خۆتان دائەتاشن لە بەردی گەورەی کێوەکان هۆدەی جوان بە ئاسایش لەسەر خۆتان ، دەی لە خودا بترسنو ئیطاعەی من بکەنو ، ئیطاعەی فەرمانی ئەو ستەمکارە نامەردانە مەکەن کە لە سنووری عەدالەت دەرچوون ، ئەوانە کە هەمیشە خراپە ئەکەن لە ولآتاو قەت چاکە ناکەن ؛ چونکی ئەگەر کارێکی باشیش بکەن بە خەیاڵی زیانگەیاندن بە بازێ ئینسانی داماو ئەیکەن •


(قالوا : إنَّما أَنْتَ مِنَ المُسَحَّرِينَ (١٥٣) ما أَنْتَ إلاَّ بَشَرٌ مِثْلُنا فَأْتِ بِآيَةٍ إنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ) (١٥٤)

جا گەلەکەی لە پاش ئەو ئامۆژگاریە جوانە بە حەزرەتی صالحیان وت: تۆ هیچ نیت ئەوە نەبێ ئینسانێکی جادووت لێ کراوەو سەرت لێ تێکچوە، تۆیش ئادەمیزادێکی وەکوو ئێمەیتو سیفەتی پێغەمەرایەتیت نیە ؛ ئەگەر راست ئەکەی پێغەمەری خودای موعجیزەیەکمان بۆ دەربخە هەتا ببێت بە نیشانە لەسەر راستی تۆ •

(قالَ : هذِهِ ناقَةٌ لَها شِرْبٌ ولَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَعْلُومٍ (١٥٥) ولاَ تَمَسُّوها بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٥٦) فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نادِمِينَ (١٥٧) فَأَخَذَهُمُ العَذَابُ ، إنَّ فِي ذلِكَ لآيَةً، وما كانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٥٨) وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (١٥٩)

جا لە پاش ئەوە کە گەلی ثەمود داوای موعجیزەیان لە حـــەزرەتی صالحکرد کە بریتی بو لە وشترێ لەگەڵ بەچکەیاو حەزرەتی صالح دۆعای کردو خودای تەعالا دۆعاکەی قەبووڵ کردو وشـــترەکەی لەســەر داواو ئارەزووی ئەوان لە بەردەکە دەرکرد ، حەزرەتی صالح فەرمووی : ئەمـە ئەو وشترەیە کە ئێوە داواتانکرد ، بەڵام ئەبێ بزانن ئەم وشترە بەشێکی هەیە لەو ئاوەی کە ئاژەڵی لێ ئاو ئەدەن لە رۆژێکداو ، بۆ ئێوەیش بەشێ لەو ئاوە هەیە لە رۆژێکی دیاریدا ، بەڵام دەس بۆ ئەو وشترە مەبەن بـە خراپە ، نە بە لێدانو نە بە کوشتن ، ئەگەرنا سزای رۆژێکی گـــەورە ئەتان گرێ •

وە لەگەڵ ئەم ئامۆژگاریەدا ئەوان لەسەر چاودێری ئەو وشـــترە دەوامیان نەکردو پیاوێکیان نارد چوارپەلی بڕیو وشترەکە مردو ، ئەوانیش لە بیمی ئەوە کە مەبادا سزا بێتەسەریان پەشیمانبوونەوە لەو کارە نابارە ، جا ئەو سزا کە صالح فەرمووی هات بەسەریانا ، بە راســـتی لەم باسەدا نیشانەیەکی گەورە هەیە لەسەر گەورەیی خودا لە : دەرکردنی ئەو وشترە لەو بەردە ئەوان دیارییان کردبوو ، لە خواردنەوەی ئاوەکەیان لە رۆژێکـداو ، لە نازڵبوونی سزا لە سەریان بە هۆی پەیکردنی وشترەکەوە ، لەگـــەڵ ئەوەدا زۆربەی ئەو گەلی ثەمودە ئیمانیان نەبو بە گەورەیی خوداو بـــە قسەی حەزرەتی صالح •



(كَذَّبَتْ قَوْمُ لوطٍ المُرْسَلِينَ (١٦٠) إذْ قالَ لَهُمْ اَخُوهُمْ لُوطٌ : اَلا تَتَّقُونَ ؟ (١٦١) إنّي لَكُمْ رَسولٌ اَمينٌ (١٦٢) فَاتَّقُوا اللهَ واَطِيعُونِ (١٦٣) وما اَسْألُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ اَجْرٍ إنْ اَجْرِيَ

إلاَّ عَلى رَبِّ العَـــالَـمِينَ (١٦٤) اَتَـــأْتُونَ الذُّكْرانَ مِنَ
العَالَـمِينَ ؟ (١٦٥) وتَذَرونَ ما خَلَـــقَ لَـكُمْ رَبُّـكُمْ مِنْ
اَزْواجِكُمْ ؟! بَلْ اَنْتُمْ قَوْمٌ عادُونَ) (١٦٦)


واتە گەلی لوط ــ د ــ پێغەمەرەکانیان بەدرۆخستەوە لەو کاتەدا کە لوطی برایان پێی فەرموون : ئایا ئێوە لە خودا ناترسن ؟ ئــەی گەل من فروستادەیەکی ئەمینم بۆ ئێوە ، لە خودا بترسن‌و پەیڕەویم بکەن‌و من داوای کرێ‌و پاداش لە ئێوە ناکـــەم لە بەرابەری ئـــەم پەیام راگەیاندن‌و ئامۆژگاریەوەو ؛ پاداشی من لای خودای عالەمە ◦ ئایا ئێوە ئەوەندە لــە یاسای دین‌و رەوشت لائەدەن کە ئەچنە لای ئینسانی نێرینەو واز لەوانە دێنن کە خودا بۆی دروست کردوون لە ژنەکانتان ؟! دیارە ئێوە گەلێکن لە یاسای حەق دەرچوون ◦

(قالُوا: لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يا لوطُ لَتَكونَنَّ مِنْ المُخرَجِينَ (١٦٧)
قالَ : إنِّي لِعَمَلِكُمْ مِنَ القالِينَ (١٦٨) رَبِّ نَجِّنِي واَهْلِي مِمَّا
يَعْمَلونَ (١٦٩) فَنَجَّيْناهُ واَهْلَهُ اَجْمَعِينَ (١٧٠) إلاَّ عَجُوزاً
فِي الغَابِرِينَ (١٧١) ثُمَّ دَمَّرْنا الآخَرِينَ (١٧٢ واَمْطَرْنا عَلَيْهِمْ
مَطَراً فَسَاءَ مَطَرُ المُنْذَرِينَ (١٧٣) إنَّ فِي ذلِكَ لآيَةً وما كانَ
اَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٧٤) وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَـــزِيزُ
الرَّحِيمُ) (١٧٥)

جا گەلەکەی لوط وتیان بە لوط : بە راستی ئەگەر واز لەم قسەو باسە نەیەنی تۆ لەوانە ئەبێ کە لەم ولاتە دەرئەکرێن • جا حەزرەتی‌لوط فەرمووی: بە راستی من رقم لەم ئیش‌و کارەی ئێوەیەو لێی پەستم‌و هەرگیز ناتوانم لە ناو ئێوەدا بم ، ناتوانم بێدەنگ ببم‌و هەمیشە نارازیتی دەرئەبڕم •

جا کەوتە پاڕانەوەو فەرمووی : خودایە من‌و ئەهلەکەم رزگار بکە لە هاوڕێتی ئەم گەلەو لە کردەوەکەیان ، ئێمەیش دۆعاکەمان قەبووڵ کردو خۆی‌و ئەهلەکەیان رزگارکرد پیرەژنێ نەبێ کە لەسەر بڕیاری خوداو لە تۆڵەی ناپەسەندی کردوەی خۆیدا لەوانەبو لەو سزادا بمێنێتەوە •

پاش رزگارکردنی لوط‌و دەستەکەی باقی گەلەکەیان لەناوبردو بەردم بەسەرا باراندن ، جا زۆر خراپە بارانێ کە بیارێ بەسەر گەلێکدا کە هەڕەشەیان لێ کرابێ‌و گوێیان بەم هەڕەشە نەدابێ • بەراستی لەم کارەساتەیشدا نیشانەیەکی گەورە هەیە لەسەر ئەوە خودای تەعالا یارمەتی پێغەمەرانی خۆی ئەداو لە واقیعدا زۆربەی ئەو گەلەیش ئیمانیان نەهێنا ، وە بە راستی خودای تۆیش خاوەن عیززەت‌و میهرەبانە •



(كَذَّبَ أَصْحَابُ الأَيْكَةِ المُرْسَلِينَ (١٧٦) إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ : أَلا تَتَّقُونَ ؟(١٧٧) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٧٨) فَاتَّقُوا اللهَ وَأَطِيعُونِ (١٧٩) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ العَالَمِينَ (١٨٠) أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلاَ تَكُونُوا مِنَ المُخْسِرِينَ (١٨١) وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ المُسْتَقِيمِ (١٨٢) وَلاَ تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ ، وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ (١٨٣) وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالجِبِلَّةَ الأَوَّلِينَ)(١٨٤)

واتە : وەکوو (شعیب)رەوانەکرابو بۆ (مدین) رەوانەیشمان کرد بۆ ئەو گەلە کە نیشتەجێی زەویەکی خـــاوەن بێشەی وردەدار بوونو ، حەزرەتی شوعەیب دەستی کرد بە ئامۆژگارییانو گەلێ لەگەڵیانا تێکۆشیو لە ئەنجاما گەلی خاوەن بێشە شوعەیبیان بەدرۆخستەوەو ، بە هۆی ئەوەوە ئەویان بەدرۆخستبووەوە وەك ئـــەوە وابو هـــەموو پێغەمەرانیان بەدرۆخستبێتەوە ؛ چونکی ئامانج یەکێکە ، ئەو بەدرۆخستنەوەیشیان لەو کاتەدا کرد کە شوعەیب فەرمووی : بۆچی لە خودا ناترسن ؟ بە راستی من فروستادەی خودام بۆ لای ئێوە ، دەی لە خودا بترسنو پەیڕەویم بکەنو من داوای هیچ کرێو پاداشێکتان لێناکەمو پاداشی من هەر لەسەر خودای عالەمەو لای ئەوە •

وە لە کاتی موعامەلەو کڕینو فرۆشتنا مەنەکاتتان واتە دەفری پێوانەتان رەسا بێو لە کاتی پێواندنی دانەوێڵەدا بۆ خریدار بـــە تەواوی بیپێونو لەوانە مەبن کە زیان لە خەڵك ئەدەن ، وە کێشانە بە ترازوویەکی رێکی بێ زیادو کەم بکەنو ، کووتاڵو ماڵی خەڵك کەم مەکەن نە بە دەسو نـــە بـــە دەم • واتە بە دەم بە ناحەق ماڵیان عەیبدار مەکەنو بە دەستیش زیانیـــان لێ مەدەن ، ئەم جۆرە کارانە هۆی فیتنەو فەسادن لە زەویداو ئێوە فەساد مەکەن لە زەویدا :

ئینسان بۆ ئینســان مایەی ئیحسانە
نامــەردە کەسێ مایــەی نوقسانە
تۆ بووی بــە نامەرد ئەویش نامەردە
جا بێ دەربچۆ لــەم بگرەو بــەردە ؟

وە لەو پەروەردگارە بترسن کە ئێوەیشی لەگەڵ چینـانی پێشوودا دروست کردوە • جا پاش ئەم هەموو دەرزە بەسوودە تەماشا بکەن‌و بزانن ئەوان چییان وت ؟ :

(قالُوا : إنَّما أنتَ مِنَ المُسَحَّرِينَ (١٨٥) وما أنْتَ إلاَّ بَشَرٌ مِثْلُنا ، وإنْ نَظُنُّكَ لَمِنَ الكاذِبِينَ (١٨٦)) فَأسْقِطْ عَلَيْنا كِسَفاً مِنَ السَّمَاءِ إنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ) (١٨٧)

وتیان : ئەی شوعەیب تۆ بەس ئینسانێکی جادووت لێ‌کراوەو هۆشت نەماوەو ، تۆ خۆت هەر ئینسانێکی وەکو ئێمەی ، بە راستی ئێمە گومانمان وایە کە تۆ لە درۆزنەکانی ، ئەگەرنا ئەگەر راست ئەکەی رابەری خودای لە خودا بپارێرەوە قارمان لێ بگرێ‌و چەن پارچەیێ لە ئاسمان داڕووخێنـە بەسەرمانا بە دۆعای خۆت •

(قالَ : رَبِّي أعْلَمُ بِمـا تَعْمَلُونَ (١٨٨) فَكَـذَّبُوهُ فَأخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ ، إنَّهُ كانَ عَـذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٨٩) إنَّ فِي ذلِكَ لآيَـةً ، ومـا كـانَ أكْثَـرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٩٠) وإنَّ رَبَّكَ لَهُوَ العَزِيزُ الرَّحِيمُ) (١٩١)

حەزرەتی شوعەیب فەرمووی : خودای من زاناترە لە من‌و لـە باقی زانایان بە کردەوەی ئێوەو لە کەس بێ‌ئاگا نیە ، جا ناکۆکی کەوتە ناویان‌و لەسەر داوای خۆیان ، کە ئەیانویست لە ئاسمانەوە سزایان بۆ بێتە خوارە ••

سزاو ئازاری رۆژی (الظلة) داگیری کردنو گرتنی ، به راستی ئه‌و سزاو ئه‌و رۆژه سزایه‌کو رۆژێکی سه‌ختو گه‌وره بو •

ریوایه‌تکراوه : خودا گه‌رمـای زاڵکرد به‌سه‌ریانا حه‌وت رۆژو بێ ئیستراحه‌تی کردن له‌به‌ر گه‌رماو ئاوی جۆگه‌و گۆزه‌و کونده‌ڵانیان ئه‌کوڵا ! له ئه‌نجاما خودا پارچه هه‌ورێکی نارد ، ئه‌وانیش رایان کرد بۆ سێبه‌ری ئه‌و پارچه هه‌وره ، به هیوای ئه‌وه که له گه‌رما رزگار ببن ، که‌چی ئه‌و هه‌وره‌وه گڕه‌و بڵێسه‌ی گه‌رمیو تیژکی رۆژی گه‌رم هاته خواره‌وه‌و لێیدانو لـه ژێریا مردنو دنیایان به‌جێ هێشت ! به راستی له‌م کاره‌ساتانه‌دا نیشانه‌ی گه‌وره‌یی خودا هه‌یه‌و ، زۆربه‌ی ئه‌وانه ئیمانیان نه‌بو ، به راستی خودای تۆ به عیززه‌ته‌و میهره‌بانیشه ، ئه‌نا ئه‌وه‌نده مۆڵه‌تی نه‌ده‌دان •

(وإنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ العَالَمِينَ (١٩٢) نَزَلَ بِـهِ الرُّوحُ الأَمِينُ (١٩٣) عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ المُنْذِرِينَ (١٩٤) بِلِسانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ (١٩٥) وإنَّهُ لَفِي زُبُرِ الأَوَّلِينَ (١٩٦) أَوَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ آيَةً أَنْ يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرائِيلَ ؟(١٩٧) ولَوْ نَزَّلْنَاهُ عَلَى بَعْضِ الأَعْجَمِينَ (١٩٨) فَقَرَأَهُ عَلَيْهِمْ ما كانُوا بِـهِ مُؤْمِنِينَ (١٩٩) كذلِكَ سَلَكْنَاهُ فِي قُلوبِ المُجْرِمِينَ (٢٠٠) لا يُؤْمِنونَ بِهِ حَتَّى يَرَوُا العَذَابَ الأَلِيمَ (٢٠١) فَيَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً وهُمْ لا يَشْعُرونَ (٢٠٢) فَيَقُولُوا : هَـلْ نَحْنُ مُنْظَرُونَ ؟) (٢٠٣)

وە بە راستی ئەم ئایەتە پیرۆزانە کە باسی بەسەرهاتی پێغەمـــەرانت بۆ ئەکەن لەگەڵ گەلەکانیانا ئایاتێکن کە پەروەردگاری هەموو عالەم رەوانەی کردوونەتە خوارەوەو فریشتەی گەورە جوبرەئیل کـــە بە (روح الامین) ناسراوە لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا هاتوەتە خوارەوە بۆ سەر دڵت • واتە بـــە جۆرێ خوێندوویەتیەوە بەسەرتا لە پێشا دڵت لەفزو مەعناکەی وەرگرتوە ئەوسا گوێچکەت‌و زمانت بەشداربوون تیایا ، بە پێچەوانەی وتاری یەکێ لە ئێمە بۆ هاورێکەی ، ئەوە لە پێشا گوێچکەی ئەیبیسێت جا دڵی وەری ئەگرێ ، ئەوسا ئەتوانێ بە زمانیش ئەو قسەیە بگێڕێتەوە ، وە مەبەست لـــە نازڵکردنەکەیا ئەوەیە کە تۆ داخلی کۆمەڵی پێغەمەرانی ئادەمی ترسێن ببی ؛ وەکو ئەوان گەلەکەی خۆیان ترساندوە لە سزای خودا ، تۆیش وەهـــا گەلەکەت بترسێنی بە زمانێکی عەرەبی رووناك‌و راستی‌دەرخەر ، وە ئەم ئایەتانەو رۆحی مەعناو مەغزاکەیان هەیە لە جەمیعی ئەو کتێبانەدا کە لە لایەنی خوداوە هاتوون بۆ پێغەمەران ؛ چونکی ئەوەی لە قورئانی پیرۆزا هەیە لە بیروباوەڕو بانگکردنی ئادەمیزاد بۆ ئیمان بە خودای تاق‌و تەنیاو ئیمان بە رۆژی قیامەت‌و هەستکردن بە مەسئوولیەت ، لە ئەحکامی موشتەرەکە لـــە بەینی هەموویاناو جیاوازییان تەنیا لە ئەحکامی عەمەلیدا هـــەیە ئەگەر موخالەفە ببێ •

ئایا نابێ بە بەڵگەو نیشانە لەسەر راستی قورئانی پیرۆزو هاتنی لە لای خودای تەعالاوە ئەمە کە زانا گەورەکانی (بنی اسرائیل) ئەزانن کـــە پێغەمەرێکی گەورە لە ئاخرزەمانا رەوانە ئەکرێ لەگەڵ کتێبێکی پیرۆزداو لەگەڵ کۆمەڵێ یارانی بەختیاری وادا کە کتێبەکەیان ئەخوێننەوەو ریعایەتی ئەکەن وەکو بە تایبەتی لە سیفری حەزرەتی (شعیا)دا نووسراوە •

وە ئێمە تۆمان هەڵبژاردوە ئەی خۆشەویست بۆ ئەوە قورئان نازڵ بکەینە سەرت ؛ چونکی ئەم قورئانەمان نازڵبکردایە بۆ سەر بازێ لەوانە کە غەیرە عەرەبین ، وە ئەو کەسە قورئانی بخوێندایەتەوە بەسەریانا ئیمانیان پێنەدەهێنا لەبەر (استنکاف)یان لەوە کە بەیاناتی عەرەبی لە غەیری عەرەب وەربگرن ، بەڵام تۆ لە خۆیانی بەڵکو لە خۆلاصەیانی • ئاوەها قورئانمان بردوەتە ناو دڵی تاوانبارەکانەوە کە لە مەعناکەی تێئەگەن ، کەچی لەگەڵ ئەوەدا لەبەر عیناد یا لەبەر عار یا لەبەر بازێ شتی بێ ئیعتیبار باوەڕی پێ ناکەنو ناکەونە شوێنیو ئیمانی پێ ناهێنن ، هەتا (ذاتا) سزاو ئازاری قاری خودایان بە شیددەت چاو پێئەکەوێ ، جا لە کوتوپڕدا ئەو سزایان بۆ دێ ، ئەوانیش نازانن بە هاتنیو بە هۆی هاتنەکەی ، جا لەو کاتەدا بە حەسرەتەوە ئەڵێن : ئایا ئێمە مۆڵەتمان ئەدرێو ئەم سزامان لێ دوورئەخرێتەوە هەتــــا بیرێ بۆ حاڵی خۆمان بکەینەوە ، (حاشا وکلا) ماوەی زۆرمان بە خۆڕایی سەرفکردو رەهبەران گەلێ لە گەڵیانا تێکۆشینو سوودی نەدا ، تازە ئیتر وەختی مۆڵەتیان نەماوە •

(اَفَبِعَذابِنَا يَسْتَعْجِلونَ؟ (٢٠٤) اَفَرَأَيْتَ إنْ مَتَّعْنَاهُمْ سِنِينَ (٢٠٥) ثُمَّ جاءَهُمْ ما كانُوا يُوعَدونَ ؟ (٢٠٦) ما اَغْنى عَنْهُمْ ما كانُوا يُمَتَّعُونَ (٢٠٧) ومَا اَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ إلاَّ لَهَا مُنْذِرُونَ (٢٠٨) ذِكرى ومَا كُنَّا ظَالِمِينَ) (٢٠٩)

ئایا پاش ئەم هەموو ئایەتە پیرۆزانە کە باسی سزای ئەو گەلانــەی گێڕایەوە بۆیان کە پەلەیان ئەکرد بۆ نازڵبوونی سزاو لــە ئەنجامی کارا سزایان بۆ هاتو ئەوانیش پەشیمانبوونەوە لەو پەلەپەلکردنە بۆ سزا ، ئایا

ئەم کافرانی قورەیشە هێشتا پەلە ئەکەن بۆ نازڵبوونی سزا بۆ سەریان ؟ ئـا پێم بڵێ‌و ئاگادارم بکە ئەگەر من ئەو کافرانەم ماوە دا کە چەن ساڵی زۆر رابوێرن ، وە پاش ئەوە ئەو سزای کە وەعدەیان پێ دراوە هاتە سەریان هیچ سوودێ نادا بەوان بۆ دەفعی سزا لەوان ئەو رابواردن‌و خۆشی‌یە کە لـە ساڵەهای ساڵدا وەریان گرتوە ؟

کە وایە با ئیتر بەس پەلە بکەن بۆ سزا ، با لەمە زیاتر (استحقاق)ی سزا پەیدا نەکەن ئەنا لە پاش ئینذار عوزرمان هـەیە لە ناردنی سـزادا بۆ سەریان ، وە فیعلەن هیچ وڵاتێ‌و هیچ شـارو دێیەکمان وێران نەکردوەو خەڵکەکەمان لەناو نەبردوە ئیللا پێش ئەوە سزاو بەڵاکە دامێن‌گیریان ببێ چەن کەسێ لە رەهبەران‌و پێغەمەران یا لە زانایانی هۆشیاری حەقیقەتزان‌و لە پیاوانی خودا ئەوانیان ترساندوە بۆ ئەوە کە ئەو گەلە بیربکەنەوەو لـە تاوانباری لادەن ، ئەنا ئێمە هەرگیز ستەمکار نەبووین‌و کەسمان بـە بێ ترساندن‌و ئاگادارکردنەوە سزا نەداوەو گیرۆدەمان نەکردوە .

(وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ الشَّيَاطِينُ (٢١٠) وما يَنْبَغِي لَهُمْ ، وما يَسْتَطِيعُونَ (٢١١) إِنَّهُمْ عَنِ السَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ (٢١٢) فَلا تَدْعُ مَعَ اللهِ إِلهاً آخَرَ ، فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ) (٢١٣)

وە بە قەراری قەطعی شەیاطین ئەم قورئانەیان نەهێنـاوە بۆ تۆو نەیانخستوەتە دڵی تۆوەو ، نە ئەتوانن شتی وا بکەن‌و ، نە کاری وایان پێ سپێرراوە ؛ چونکی کەلامی قودسی دوورە لە گرۆهێ کە خاوەن فەسادی نەفسی بن ، قورئان لە لای خوداوەو بە سـەفارەتی فریشتەی ئەمینەوە گەیشتوە بە تۆو قەت بۆ شەیاطین ناشێ ئەمینداری قورئان بن (نامووس

نادرێ بە دەستی نامەحرەمەوە) شەیاطین هێزی ئاگرینو بەدکاری زاڵە لە فیطرەتیاناو ئەوەندە لەگەڵ پیرۆزیدا تێکەڵیو پەیوەندییان نیە ، تەماشا بکە بە راستی ئەوان لە بیستنی ئایاتی خوداو لە بیستنی کەلامی مەلائیکەکان (معزول)و مەنعکراون ئیتر چۆن ئەبن بە مەصدەری هاتنی قورئانی پیرۆز؟

دەستی شەیاتین لە قورئان دوورە
ئەوان تاریکی قورئانیش نوورە
ئینسانی ناپاك ، یانی بێ دەسنوێژ
چ جایێ لەشپیس بە قەولی حەقوێژ
حەرامە دەستیان بدەن لە قورئان
دەی چۆن قورئان دێ بە دەستی شەیتان ؟!
باوەڕتان بێ قورئان نوورینە
واسیطەی وەصڵیش (روح الامین)ە

کە مادام تۆ مەظهەری بۆ وەحی خوداو بۆ قورئانی پیرۆز کە ئەخباری کۆنو تازەو لەمەولای جیهانت بۆ روون ئەکاتەوە بە جۆرێ عەقڵی عاقڵان ناگا بە دەرکی ئەسراریا •• تۆ بە رۆحو دڵ رووت لە خودا بێو لەگەڵ بانگکردن لە خودادا بانگ لە خودایێ ترو لە کەسێکی تر مەکە ؛ چونکی لەگەڵ حەقدا جێگەی بەتاڵ نابێتەوە ، ئەگەر ، بە فەرزی مەحاڵ ، تۆ بانگ لە کەسێ تر بکەی ئەوە لە سزادراوەکان ئەبی • وە ئەم ئایەتە تەعریضە بە فەسادی حاڵی ئەوانە کە هاورێ بۆ خودا دائەنێن ، واتە ئەوانە کە لەگەڵ خودای (واجب الوجود) ا ئیعتیباری مادەی نابوود ئەکەن ، ئەوانە بەدبەختنو سزای سەخت بەشیانە • خودا پەنامان بدا !

(وانْذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ (٢١٤) واخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ المُؤْمِنِينَ (٢١٥) فَإنْ عَصَوْكَ فَقُلْ : إنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تَعْمَلونَ (٢١٦) وتَوَكَّلْ على العَزِيزِ الرَّحِيمِ (٢١٧) الَّذِي يَراكَ حِينَ تَقُومُ (٢١٨) وتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ (٢١٩) إنَّه هُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ) (٢٢٠)

وە مادام تۆ لەم هەموو نهێنیە گەیشتیتو گــەورەیی خودات بۆ دەرکەوت هەمیشە تێکۆشە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی خۆت لەگەڵ خوداو ئەو خزمانەت کە زۆر نزیکنو تێکەڵن لەگەڵتا بیانترسێنە لە سزای خوداو ئاگاداریان بکە لە یاسای میانەکاریو میزانی ڕۆژی قیامەت • وە باڵی میهرەبانی خۆت دانەوێنە بۆ ئەوانە کە پەیڕەویت ئەکەن لە خاوەن ئیمانەکان، وە ئەگەر نافەرمانییان کردی تۆ پێیان بڵێ : من بەریم لەو کردەوانە ئێوە ئەیانکەنو ئیعتیماد بدەرە سەر ئەو خودایە کە خاوەن عیززەتەو خاوەن هێزەو دەستەڵاتی بەسەر هەموو کارێکو هەموو مەوجوداتێکدا ئەشکێ ، ئەو خودایە کە تۆ ئەبینێ لە کاتێکدا رائەوەستی بۆ نوێژکردن لە شەونوێژا کە کاتی خەڵوەتە لەگەڵ موراقەبەی خودادا ، وە ئەتبینێ کاتێ لــە ڕزی جەنگاوەرانو جیهادکەرانا رائەوەستی ، هەروا کاتێ لەسەر مینبەری وتارو ڕێنومایی موسوڵمانان بۆ خوداناسی رائەوەستی ، هەروا کاتی راوەســتان بۆ بیرکردنەوە لە ڕێخستنی کاری موسوڵمانانداو ، هەڵسووڕانت لەنـــاو نوێژکەراندا ئەبینێ • بە ڕاستی خودا بیسەری هەموو دەنگێکەو زانایە بــە هەموو شتێ •

بزانن ! کاتێ ئایەتی (وانذر عشیرتك الاقربین) هاتەخوارەوە حەزرەت ــ د ــ رۆیشت لەسەر تەپۆلکەی صەفا راوەستاو بە دەنگی بەرز فەرمووی : ئەی هۆزی قورەیش نەفسی خۆتان لە خودای تەعالا بکڕن من سوود بە ئێوە ناگەیەنم • ئەی نەوەی (عبدالمناف)من لە لایەنی خوداوە هیچ سوودێك بە ئێوە ناگەیەنم ، ئەی عەباسی کوڕی (عبدالمطلب) من سوود بە تۆ نادەم لە لای خوداوە • ئەی صەفیەی پوورم من هیچ سوودێ بە تۆ ناگەیەنم لە لایەنی خوداوە ، ئەی فاطیمەی کچی محەمەد من سوودم نیە بۆ تۆ لای خوداوەو لە رۆژی قیامەتا ، ئەگەر داوای ماڵی دنیا ئەکەی بیکە •

جا ئەگەر کەسێ بڵێ : ئەم حەدیثە شەریفە چۆن لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا رێك ئەکەوێ کە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە شەفاعەت بۆ پێغەمەر هەیە لە رۆژی قیامەتداو حەزرەت گەلێ سوود ئەگەیەنێ بە ئادەمیزاد ؟

لە وەڵامدا ئەڵێین : خراپەیەك روو ناداو مونافات نیە ، لەبەر چەن بەڵگە :

یەکەم : ئەم حەدیثە شەریفە بۆ ئەوە وارید بوە کە پێغەمەر ــ د ــ بە گوێرەی ئایەتەکە خزمو کەسو کاری خۆی بترسێنێ، وتارێ بەیانی ترساندنی پێ بکرێ پێویستە وەها بێ کە دڵی ئینسان بترسێنێو قەیدو شەرتی تێدا نەبێ •

دووهەم : ئەم حەدیثە شەریفە وارید بوە بۆ بەیانی یاسای عەدالەتی خودای تەعالا ؛ چونکی لە پاش مولاحەزەی ئایەتی قورئانو حەدیثی پێغەمەر دەرئەکەوێ خودای تەعالا بەرابەر بە بەندەکانی خۆی دوو قانوونی هەیە :

١ ــ قانوونی عەدالەت ؛ کە بریتیە لەوە هیچ کەسێ تاوانی کــەس وەرنەگرێو هیچ کەس کەڵك لە خێری کەس وەرنەگرێ ، وە هەرکەسێ لە ئەوەڵو ئاخرەوە تەماشای بیرو باوەڕی خۆی بکات ، وەکو لە ئایەتی (لها ما کسبت وعلیها ما اکتسبت)و ئایەتی (ولا تزر وازرة وزر اخری)و ئایەتی (فاذا نفخ فی الصور فلا انساب بینهم یومئذ ولا یتساءلون)و ئایەتی (وان لیس للانسان الا ما سعی)و ئایەتی تریشەوە دەرئەکەوێ •

٢ ــ قانوونی فەزڵو ئیحسانو میهرەبانی خودا ؛ لەسەر ئەم قانوونە شەفاعەتکردن هەیە لە رۆژی قیامەتا بۆ تاوانباران لە لایەنی حەزرەتەوەــدــ، هەروا لە لایەنی پێغەمەرانی ترو ئەصحابو شەهیدانو پیاوچاکانەوە ، وەکو لە حەدیثە صەحیحەکانەوە دەرکەوتوە • هەروا خێرو چاکە سوودی هەیە بۆ زیندوو مردوو ، هەروا دۆعاکردن بۆ مردوو بۆ زیندوو ، وەکو خودا بــە ئایەتی (والذین جــــاؤا من بعدهم یقولون : ربنا اغفر لنـــا ولاخواننـــا الذین سبقونا بالایمان)و ئایەتی (والذین آمنوا واتبعتهم ذریتهم بایمــان الحقنا بهم ذریتهم ، وما التناهم من عملهم من شیء ، کل امریء بما کســب رهین)دا بڕیاری داوە •

ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە بە بێ تێکۆشینی ئینسان خودای تەعالا لە گەلێ رێگەوە عەفوو چاوپۆشی لە تاوانی هــــەیە ، بۆیە خودا فەرموویەتی : (ان الله لا یغفر ان یشرك به ویغفر ما دون ذلك لمن یشاء) •

مەبەس ئەمەیە ئەو ئایەتو حەدیثانە کە دەلالەت ئەکەن لەسەر سەختیی بەکارنەهاتنی کەس بۆ کەس هەموو لەسەر یاسای تەطبیقی عەدالەتی خودانو، ئەو ئایەتو حەدیثانەیش کە دەلالەت ئەکەن لەسەر سوودوەرگرتنی ئینسان

لە تکاو دۆعاو چاکەو غەیری ئەمانە ... هەموو لەسەر قانوونی فـەضلو رەحمەتی خوداو دەرگای رەحمەتی خودا کراوەیەو بە کەس ناگیرێ .

(هَلْ اُنَبِّئُكُمْ على مَنْ تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ (٢٢١) ؟ تَنَزَّلُ عَلى كُلِّ اَفَّاكٍ اَثِيمٍ (٢٢٢) يُلْقُونَ السَّمْعَ ، واَكْثَرُهُمْ كاذِبُونَ) (٢٢٣)

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە شەیاطین پەیوەندییان بـە وەحیەوە نیەو پێغەمەر ــ د ــ وەحی لە جوبرەئیلی ئەمین وەرئەگرێو بەس .

ئەفەرموێت : ئایا خەبەرتان بدەمێ کە شەیاطین بۆ سەر دڵی کێ دێنـە خوارەوە ؟ ئەوانە دێنە سەر دڵی هەموو درۆزنێکی تاوانباری وەها کە گوێ رائەگرن لە هەموو قسەیەکی درۆو دەلەسەو زۆربەیان لـە قسەکردندا درۆزنن ، چونکی ئینسانێ کە گوێ لە پیاوی درۆزن رابگرێ خۆیشی حەز بە درۆ ئەکاو درۆ بلاوئەکاتەوە بە ناو خەڵکــدا . دەی مادام حەزرەتی محەمەد ــ د ــ لە پێش ریسالەتا بە ئەمین مەشهوور بودو درۆی نەکردوەو لە پاش ریسالەتیش دوور بوە لە درۆ ئاشکرایە دوورە لە ئیلقای شەیاطین . لەبەر ئەوە :

پیس لـە بۆ پیسەو ، پاك لـە بۆ پاكە
ئینسـانێ پـاك بێ كردەوەی چـاكـە

(والشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الغَاوُونَ (٢٢٤) اَلَمْ تَرَ اَنَّهُمْ فِي كُلِّ وادٍ يَهِيمُونَ ؟ (٢٢٥) واَنَّهُمْ يَقُولونَ ما لاَ يَفْعَلُونَ ؟(٢٢٦)

إلاّ الّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وذَكَرُوا اللهَ كَثِيراً وانْتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ ما ظُلِمُوا ، وسَيَعْلَمُ الّذِينَ ظَلَمُوا أيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ !) (٢٢٧)

هەر وەکو زانیتان کە پێغەمەر ـ د ـ قورئانی لە جوبرەئیل وەرگرتووەو لە شەیاطینی وەرنەگرتوە • هەم بزانن کە حەزرەت ـ د ـ شاعیر نیـــەو قورئانەکەیشی شیعر نیە •

یەکەم : لەبەر ئەوە کە شیعر لەسەر یاسایەکی تایبەتی دامــەزراوو تەفطیعاتێکی هەلژمێراوو لەسەر کێشێکی تایبەتی نەگۆڕاوە • وە قورئان وا نیەو پێغەمەر مەشغوولی ئەو یاساو میزانە نەبوە •

دووەم : کە شاعیران زۆربەی پەیڕەوەکانیان ئینسانی گومڕاو دوور لە یاسای واقیعو راستە ، بەلاَم پەیڕەوانی پێغەمەر ـ د ـ ئینسانی خـاوەن رەوشتی بەرزو خاوەن کردەوەی پیاوانەنو دوورن لە کاری نابارو گاڵتەو رابواردنی بێ جێو مەشغوول بوون بە تەقواو طاعـــەتو نوێژو رۆژوو شەونوێژو جیهاد بۆ بەرزکردنەوەی خودا بەیەکناسیو ئایینی ئیسلام • کە وابێ ئەتوانی بە قانوونی (استدلال) بڵێیت : هەموو پەیڕەوانی محـەمەد پیاوی ژیرو مەردنو هەرکەسێ هەموو پەیڕەوەکانی ژیرو مەرد بن شـــاعیر نیە ، کە وابێ محەمەد شاعیر نیە • کە مادام خۆی شاعیر نەبو ئەو کەلامەیش بۆی هاتوە شیعر نیەو کەلامی خودایە •

جا بۆ روونکردنەوەی ئەوە کە زۆربەی پەیڕەوانی شاعیران گومڕان ئەفەرموێت : ئایا تۆ تەماشا ناکەی کە شاعیرەکان لە هەموو دەرو دۆڵێکدا سەرگەردانن ، واتە لە هەموو بابەتێکدا قسە ئەکەنو قسەکەیشیان لەسـەر

یاسای واقیعو ژیری نیە • ئەگەر مەدح یا ذەم بکەن ، یا خەڵك بترسێنن یا دڵخۆشییان بدەنەوە بە زۆری درۆو دەلەسەو زیادەڕەوییەو قسەیان لەگەڵ راستیدا یەك ناگرێ • وە لە ناو ئەو شیعرانەدا دایانئەنێن گەلێ قسەی وا دەکەن کە خۆیان بە گوێرەی ئەوە رەفتار ناکەنو دوورن لە ناوەرۆکی ئەو شیعرانی خۆیانە • ئەوانەیان نەبێ کە ئیمانیان هەیەو کردەوەی باش ئەکەنو حەقی خۆیانو مەسلەکی خۆیان لەوانە ئەسێنن کە ستەمیان لێ کردوون • لەمەولایش ئەو ستەمکارانە ئەزاننو چاویان پێ ئەکەوێ بە چی هەڵسووڕانێ هەڵئەسووڕێنو لە چ بارێکی عیزەتەوە ئەکەونە سەر باری کزیو داماویو لەسەر باری رابواردنی دنیاوە ئەکەونە سەر چ بارێکی سزای قیامەت لــە رۆژی تۆڵەدا !

سووره‌تی نه‌مل ، مه‌کی‌یه ، ٩٣ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تي (الشعراء) هاتوه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(طس)

ئه‌مه سووره‌تی طاسینه •

(تِلْكَ آياتُ القُرْآنِ وكِتَابٍ مُبِينٍ) (١)

ئایه‌ته‌كانی ئه‌م سووره‌ته ئایه‌تی قورئانن‌و ئایه‌تی كتێبێكی رووناككه‌ره‌وه‌ی ئه‌و حه‌قایقه‌ن كه هه‌ن له عاله‌ما وه‌كو (لوح المحفوظ) بێ كه له واقیعا هه‌موو شتێكی تیا نووسراوه •

(هُدىً وبُشْرى لِلْمُؤْمِنِينَ (٢) الَّذِينَ يُقِيمونَ الصَّلاةَ ويُؤْتُونَ الزَّكاةَ ، وهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ) (٣)

ئه‌و ئایه‌تی قورئانه رێگه‌نیشانده‌رو موژده‌ده‌رن بۆ خاوه‌ن ئیمانه‌كان ئه‌و خاوه‌ن ئیمانانه‌ی كه نوێژ به ره‌سایی‌و به شێوه‌یه‌كی باش جێ‌به‌جێ

ئەکەن‌و زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بەوانە کە موستەحەقن‌و ئەوانەیش هەر ئەوانن کە ئیمان‌و باوەڕێکی راستیان هەیە بە رۆژی قیامەت‌و بەو کارەساتە دەست‌ئەکەون‌و روو ئەدەن •

(إِنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمالَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ (٤) أولائِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ العَذابِ وهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الأَخْسَرُونَ) (٥)

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمان ناهێنن بە رۆژی قیامەت ئەوە کردەوە ناشیرینەکانیانم لە بەرچاویاندا جوان کردوە ، جا ئەوانیش سەرگەردانن‌و بەسەرگەردانی ئەمێننەوە ، وە ئەو کۆمەڵە ئینسانە کەسانێکن کە سزای خراپیان هەیە لە رۆژی قیامەتاو ئەوان لەو رۆژەدا وان لە زیان‌و خەساردا •

(وإنَّكَ لَتُلَقَّى القُرْآنَ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ) (٦)

وە تۆ بە راستی قورئان لە لای زاتێکی خاوەن حیکمەت‌و کاری دامەزراوو بەسوودەوە وەرئەگری‌و ئەو زاتە زانایە بە ئەنجامی هەموو شتێ •

(إِذْ قالَ موسى لِأَهْلِهِ : إِنِّي آنَسْتُ ناراً سَآتِيكُمْ مِنْها بِخَبَرٍ ، أَوْ آتِيكُمْ بِشِهابٍ قَبَسٍ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ) (٧)

خودا زانایە بە ئەحواڵی عالەم لەو کاتەدا کە موسای کوڕی عیمران فەرمووی بە ژنەکەی خۆی کە کچی حەزرەتی شوعەیب بو ــ د ــ کە

لەگەڵ موسادا لە سەفەرا بوونو ئەگەڕانەوە بۆ میصرو سەرمای بو پێی فەرموو : من ئاگرێکم چاوپێکەوتوەو ئەچم بۆ لایو لەوێدا یا ئاوەدانی ئەبینمو خەبەری رێگەی راستی خۆمانم دەست ئەکەوێو رێگە ئەدۆزینەوە، یاخود دەستەچیلەیێ ئاگر دێنم بەڵکو ئاگر بکەینەوەو گەرم ببنەوە •

(فَلَمَّا جَاءَهَا نُودِيَ : أَنْ بُورِكَ مَنْ فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا ، وَسُبْحَانَ اللهِ رَبِّ العَالَمِينَ (٨) يَا مُوسَى إِنَّهُ أَنَا اللهُ العَزِيزُ الحَكِيمُ (٩) وَأَلْقِ عَصَاكَ ، فَلَمَّا رَآهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَانٌّ وَلَّى مُدْبِراً ، وَلَمْ يُعَقِّبْ ، يَا مُوسَى لَا تَخَفْ ، إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ المُرْسَلُونَ (١٠) إِلَّا مَنْ ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسْناً بَعْدَ سُوءٍ ، فَإِنِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ (١١) وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ ، فِي تِسْعِ آيَاتٍ إِلَى فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ ، إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْماً فَاسِقِينَ) (١٢)

جا کاتێ موسا هات بۆ لای ئەو ئاگرەو گەیشتە ئەو شوێنە کە بە خەیاڵی خۆی دانابو ئاگرەکە لەوێدایە••لە غەیبەوە بانگی لێکراو پێی وترا : پیرۆزی درا بەو کەسە وا لە شوێنی ئاگرەکەداو بەو کەسەیش وا لە دەوری ئاگرەکەداو پاکی لە عەیبو لە فەسادی کردەوە بۆ ئەو خودایەتە کە بەروەردگاری هەموو عالەمە •

بزانن ! لەو کاتەدا ئەو کەسە کە لە ئاگرەکەدا بوە ، واتە لە شوێنی ئاگرەکەدا بوە بەس حەزرەتی موسا بو ، چونکی ئەو ئاگرە کە موسا چاوی

پێیکەوت ئەوە پڕتەوێ بو لە لایەنی خوداوە دروستکرابو لەوێدا ، ئەنا ئاگر لەو شوێنەدا نەبوە • وەلحاصڵ ئەو شوێنە خۆیو هەموو دەورەکانی پیرۆزە لە دینی ئیسلاما •

وە لە پاش ئەو قسە پێشوە بانگی کردو فەرمووی : بە راستی شـان وایە کە من خودای خاوەن عیزەتو خاوەن حیکمەتم لە هەر کارێکدا کـە ئەیکەم • وە فەرمووی : ئەی موسا عاساکەت فڕەدەو پاش فڕەدانی بوو بە مارێکی گەورەی وا کەوتە تەکان ، جا کاتێ موسا چاوی پێیکەوت وا بوو بە مارێکی خاوەن تەکان (کأنە) تووله مارێکە ئەوەندە سووك هاتوچۆی ئەکرد بەمڵاو بەولادا ، موسا پشتی هەڵکردو ئیتر لە ترسا نەگەڕایەوە بۆ سەر مارەکە ، جا خودا بانگی کرد : ئەی موسا مەترسە بە راستی پێغەمەران لە لای منا ناترسن مەگەر کەسێ کە وەختی خۆی ستەمێکی کردبێ لە پاش ئەوە ئیشێکی باشی کردبێ لە پاش ئەو خراپەیە کە کردی ئەوە بە راستی من تاوانبەخشو میهرەبانم ، ــ ئەم ــ (استثنا) جیاکردنەوەیە ئیشارەتە بـۆ بەسەرهاتەکەی قیبطیەکە ــ ئەی موسا دەست بکە بە بەرۆکەکەتا هەتا بێتە دەرەوە بە سپێتیو جوانی بە بێ ئەوە عەیبو نەخۆشینێکی ببێ ، وە ئەم دوو موعجیزە ئیعتیبار بکەن لەگەڵ نۆ موعجیزەی تراو بڕۆن بۆ لای فیرعەونو قەومەکەی بە راستی ئەوانە گەلێکن لە حەق لایانداوە ، وە ئەو نۆ ئایەتە عیبارەتن لە : کۆڵانخستنە ناو دەریای نیلو، تۆفانو لافاوو، کوللەو، سپێو، بۆقو ، خوێنو ، گرانی لە وڵاتاو ، کەمو کووڕی لە کشتوکاڵیانا ، وە ئەگەر عاساو دەستی پڕتەوداریش بژمێرین ئەبێ بازێ لە پێشوەکان دوو بەیـەك حسێب بکرێن •

(فَلَمَّا جاءَتْهُمْ آياتُنا مُبْصِرَةً قالُوا : هـذا سِحْرٌ مُبِينٌ (١٣) وجَحَدُوا بِها واسْتَيْقَنَتْها أَنْفُسُهُمْ ظُلْماً وعُلُواً ، فانْظُرْ كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ المُفْسِدِينَ) (١٤)

لە کاتێکدا ئەو بورهانانی ئێمە هاتنە لایانو دەرکەوتن بۆیان بە رووناکی وتیان : ئەم کارانە جادوویەکی ئاشکرانو بە عیناد ئینکاری هەموو ئەو بورهانەیان کردو لە کانگەی رۆحیشیانەوە بە لایانەوە راست بوونو نەفسیان بە یەقین ئەیزانین ، بەڵام هەر ئینکارییان کرد لەبەر ستەمکاریو بوڵەندبارییو لەبەر توغیانو جەفا جا بۆیان بڕوانەو بزانە ئەنجامی فەسادکاران چۆن هاتە پێشەوە .

لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرکەوت کە یەقین بە شت گردئەبێتەوە لەگەڵ ئینکاری ئەو شتەدا بە هۆی عەنادەوە ، مەثەلا کە وابو ئیمان تەنیا تەصدیقی یەقینی نیە بەڵکو پێویستە (انقیاد)و (استسلام)ی نەفسیو رەزای دڵی لەگەڵا بێ ، وەکوو زانا بەرزەکان ئەم قسەیانە فەرمووە .

(ولَقَدْ آتَيْنا داوُدَ وسُلَيْمانَ عِلْماً . وقالا : الحَمْدُ للهِ الَّذِي فَضَّلَنا عَلى كَثِيرٍ مِنْ عِبادِهِ المُؤْمِنِينَ) (١٥)

بە راستی بەخشیمان بە داودو سولەیمانی کوڕی ـ د ـ بەشێ لە زانیاری ، بەشێکی گەورە لە عولوومی رۆحییەی نوبووەتو ریسالەتو شەریعەتو ئایینو حیکمەتو زانیاری ئیدارەی ئومەتو زانیاری ئەحوالی خەڵکی جیهان ، وە ئەوانیش سوپاسی ئێمەیان کرد لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەو وتیان : هەرچی ثەناو ستایشە بۆ ئەو خودایە کە بە ئیحسانی خۆی تەفضیلی ئێمەی داوە بەسەر گەلێ لە بەندە خاوەن ئیمانەکانیا .

(ووَرِثَ سُلَيْمانُ داودَ وقالَ: يا أيُّها النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنْطِقَ الطَّيْرِ واوتِينا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ،إنَّ هذا لَهُوَ الفَضْلُ المُبِينُ)(١٦)

وە سولەیمان بە میرات تەختی گەورەیی لە داودەوە بۆ بەجێ ما وەکو ئێمە بە ئیحسانو میهرەبانی خۆمان ریسالەتو حیکمەتو زانیاریسان پێدابوو ، وە گەلێ لە نهێنی جیهان وەکو حاڵیبوون لە زمانی گیانلەبەرانمان پێدابوو ، وە ئەویش ئیعلانی کردو فەرمووی : ئەی ئادەمیزادانی دەورو بەرمان لە لای خودای خۆمانەوە زانیاری زمانی پەلەوەرمان نیشاندراوەو لە هەموو نیعمەتێ کە لە چەرخی ئێمەدا هەیە بەشمان دراوە ، بە راستی ئەمە فەزڵێکی گەورەو دیارییە •

(وحُشِرَ لِسُلَيْمانَ جُنُودُهُ مِنَ الجِنِّ والإِنْسِ والطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ (١٧) حَتَّى إذَا أتَوْا عَلى وادِي النَّمْلِ قالَتْ نَمْلَةٌ : يا أيُّها النَّمْلُ ادْخُلوا مَساكِنَكُمْ ، لا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمانُ وجُنودُهُ وهُمْ لا يَشْعُرُونَ (١٨) فَتَبَسَّمَ ضاحِكاً مِنْ قَوْلِها وقالَ : رَبِّ أوْزِعْنِي أنْ أشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أنعَمْتَ عَلَيَّ ، وعَلى والِدَيَّ ، وأنْ أعْمَلَ صالِحاً تَرْضاهُ ، وأدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبادِكَ الصَّالِحِينَ) (١٩)

وە لە رۆژێکدا بۆ کارێکی گرنگ بە فەرمانی سولەیمان ـ د ـ سوپاکەی لە پەریو ئادەمیزادو پەلەوەر گردکرایەوە بە شێوەیێ کە ئەندامانی ئەو سوپایە راگیرئەکران هەتا بەرودوایان یەکانگیر ئەبن • جا لە قودسەوە بەرەو شام کەوتنە رێگە ، هەتا گەیشتنە شوێنێ کە شارە مێروولەی

زۆرە بە (شیوی مێروولە) ناسراوە ، لەوێدا یەکێ لە مێروولەکان لـــە بەرزاییەکەوە چاوی کەوت بە سوپاکەی سولەیمان وا بەرەو شاری ئەوان هاتن ، بە زمانو شێوەی خۆیان بانگی کرد لە باقی مێروولەکانو وتی : ئەی مێروولەکان هەموو بڕۆنە ناو کونەکانی خۆتانەوەو خۆتان پەنا بـدەنو بەدەرەوە مەمێنن ، نەبادا سولەیمانو سوپاکەی بە پێی خۆیانو حەیوانی باریو سواری خۆیان پێتان پێدا بنێنو لەناوتان ببەنو ئەوان ئاگایان لـە خۆیان نەبێو نەزانن کە ئێوە وان لەسەر رێگەی ئەوانا !

کاتێ حەزرەتی ســولەیمان ئەم قسەی لەو مێروولە بیســـت بـە زەردەخەنەیەکەوە پێکەنی لە خۆشی ئەو زانستەوە کە خودا پێی داوە لـە قسەی ئەو مێروولە حاڵی ئەبێ ، وە لە خۆشی ئەو حیکمەتە جوانەوە کە لەو تەعلیمە دەرکەوت • واتە پێویستە هەر گەلێ گەورەیەکیان ببێ کاروباریان بەرێ بەڕێوەو ، لە کاتی نەهاتا رێگەی رزگارییان پێ نیشان بدا • وە لەوەیش کە ئەو مێروولە دەرحەق بە سولەیمان گومانی باش بوو باوەڕی وا بو ئەگەر سولەیمان بیزانیایێ ئەو رێگە لەسەر شـــاری مێروولەیە لەبەر بەزەییو عەدالەتی خۆی رێگەکەی ئەگۆڕیو سوپاکەی لە شوێنێ ترەوە ئەبرد •

وە لە عەینی کاتا ســـولەیمان بە پاڕانەوە گەڕایەوە بۆ لای خوداو فەرمووی : خودایا هێزو ماوەم پێ بدە کە بە سافیو ساغی سوپاسی ئـەو نیعمەتەت بکەم کە داوتە بە منو داوتە بە باوکو دایکیشم ؛ باوکم لە بێ ناویەوە ناوت پێداو یارمەتیت دا لەسەر کوشتنی جالووتو کردت بە پاشاو کردت بە پێغەمەرو (زەبوور)ت بۆ ناردو ، ئاســنت بۆ نەرم کردو کێوو پەلەوەرەکانت وا رامکرد تەسبیحاتی تۆ بکەن لەگەڵیا • وە دایکیشمت کرد بە هاوڕێی باوکمو لە بەشی خانەدانی پێغەمەرا بەشدارت کرد • خودایە

یارمەتیم بدە تا کارێکی باش بکەم هۆی ڕەزامەندی تۆ بێو بە میهرەبانی خۆت بمخەرە ریزی بەندە بەڕێزە چاکەکانی خۆت •

(وتَفَقَّدَ الطَّيْرَ ، فقالَ : ما لِيَ لا أرى الهُدْهُدَ امْ كانَ مِنَ الغائِبِينَ ؟ (٢٠) لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذاباً شَدِيداً ، اَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ، اوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطانٍ مُبِينٍ) (٢١)

حەزرەتی سولەیمان ــ د ــ لە هەر شوێنێکدا پێویستیان بە هەڵکەندنی بیر بوایە فەرمانی ئەدا بە (پەپۆ سلێمانە) تەماشای ئەو زەویە بکا ، هەتــا ئاوی نزیکی ئەدۆزییەوە ؛ چونکی وا مەشــهوورە چـــاوی ژێر زەوی ئەبینێ •

جا لەو سەفەرەدا لەبەر پێویستی ئاو کەوتە هەواڵپرسینی پەپۆسلێمانەو دیار نەبو ، جا فەرمووی : بۆچی پەپۆسلێمانە نابینم چی بەسەر هاتوە ؟ یان خۆی شاردوەتەوە ؟ دوایی کە دیار نەبو هەڕەشەی لێکردو فەرمووی : یـــا سزایەکی توندو سەختی ئەدەم ، یا سەری ئەبڕم ، یا ئەبێ بەڵگەیەکی رووناکم بۆ بێنێ کە بۆچی دیار نەبوەو لە کوێ بوە •

(فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ ، فَقَالَ : اَحَطْتُ بما لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَأٍ بِنَبَأٍ يَقِينٍ) (٢٢)

حەزرەتی سولەیمان زۆری چاوەڕێ نەکرد پەپۆسلێمانە دەرکەوتو هات بۆ خزمەتی حەزرەتی سولەیمانو عەرزی کرد : من ئاگادار بووم بەسەر

شتێکدا کە تۆ پێت نەزانیوە ! هەواڵێکی ڕاستو بێ گومانم لە شـــاری سەبەئەوە بۆ هێناوی :

(إنِّي وَجَـــدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ ، واوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ ، ولَها عَرْشٌ عَظِيمٌ) (٢٣)

من فڕیمو ڕۆیشتم تا گەیشتمە شاری (سەبا) لە وڵاتی (یەمەن)و لەو شارەدا ژنێکم چاوپێکەوت سەرۆکی ئەو وڵاتە بوو ، لە هەموو جۆرە شتێ لە زێڕو زیوو ژیوارو کەرەسەی جەنگیو ••• پێدراوەو زیـاد لەوانەیش تەختێکی گەورەی هەیە •

(وجَدْتُهـا وقَوْمَهـا يَسْجُدونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دونِ اللهِ ، وزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطانُ اَعْمالَهُمْ ، فَصَـدَّهُمْ عَنِ السَّـبِيلِ ، فَهُمْ لاَ يَهْتَدونَ) (٢٤)

دیم ئەو ژنە خۆیو گەلەکەی سوجدەیان بۆ ڕۆژ ئەبردو سوجدەیان بۆ خودا نەدەبردو ؛ شەیتان کردەوەکانیانی لە لا جوان کردبوونو • لـــە ڕێگەی ڕاست لای‌دابوون ، کە وابوو ئەوانە ڕێگەی ڕاســـت ناگرنو شارەزای ڕاستی نابن •

(اَلاَّ يَسْجُدُوا للهِ الَّذِي يُخْرِجُ الخَـبْءَ فِي السَّماوَاتِ والاَرْضِ ، ويَعْلَمُ ما تُخْفونَ وما تُعْلِنُونَ (٢٥) اللهُ لا إلهَ إلاَّ هُوَ رَبُّ العَرْشِ العَظِيمِ) (٢٦)

عەجەبا بۆچی ئەوانە سوجدە بۆ خودایەکی زانای تەوانای وەها نابەن کە شتی پەنهانی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا دەرئەخا بە خـەلقی مەعدوومەو ، رواندنی تۆمەو ، دەرخستنی نهێنی دەروونی عالەمەو ، ئاشکراکردنی تاوانی پەنامەکی کەس پێ‌نەزانیوو ، ئەمانە لەو شتە پەنهانانە کە خودا دەریان ئەخا •

(قالَ : سَنَنْظُرُ اَصَدَقْتَ اَمْ كُنْتُ مِنَ الكاذِبِينَ ؟(٢٧) اِذْهَبْ بِكِتَابِي هـذا ، فَاَلْقِهْ اِلَيْهِمْ ، ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فانْظُرْ ماذَا يَرْجِعُونَ ؟) (٢٨)

حەزرەتی سولەیمان ـ د ـ فەرمووی : باشە بیرێکی لێ ئەکەینەوە بزانین راست ئەکەی یا درۆ ؟ ئەم نامەی منە ببەو فڕەی بدە بە سەریانا جـا خۆت کەنار بگرە ، بەڵام لە شوێنێکدا بە ئاگات لە قسەو باسیان بێ‌و بزانە ئەنجامی راوێژیان چی ئەبێ •

(قالَتْ : یا اَیُّها المَلأُ إنّي اُلقِيَ إلَيَّ كِتابٌ كَرِيمٌ (٢٩) إنَّهُ مِنْ سُلَيْمانَ وإنَّهُ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم (٣٠) اَلاَّ تَعْلُوا عَلَيَّ واْتُونِي مُسْلِمِينَ) (٣١)

جا حەزرەتی سولەیمان ـ د ـ فەرمانی دا نامەیەکیان نووسی‌و بەستیان بەو پەپۆسلێمانەوە بە یاسای ئەو رۆژە کە نامەیان بە کۆترو پەپۆدا ئەنارد ، ئەویش بردی‌و خستیەخوارەوە بەسەر (بەڵقیس) مەلیکەی سەبادا • شاژنی سەبا نامەکەی خوێندەوە ، لە پاشان فەرمانی دا پیـاوە دیارییەکانی بارەگا گردبوونەوەو پێی‌وتن : ئەی دانیشتوانی بـەرزی بارەگا نامەیـەکم بۆ

فرێدراوە ، نامەیەکی مۆرکراوی پیرۆزەو لە نامەکەدا نووسراوە : ئـــەم کاغەزە لە لایەنی سولەیمانەوە نێرراوەو پیرۆزی ئەکەن بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبانو ، مەبەسمان لە نامەکە ئەمەیە کە خۆتان بە زل مەگرنو دەمار نەتانگرێو بێن بۆ لامانو دڵسۆزی دەربڕنو فەرمانبەری بگرنـە گەردنو موسوڵمان بین •

(قالَتْ : يا اَيُّها المَــلأُ اَفتُوني فِي اَمْرِي، ما كُنْتُ قاطِعَةً اَمْراً حَتَّى تَشْهَدُونَ (٣٢) قالُوا : نَحْنُ اُولُوا قُوَّةٍ ، واوُلُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ والاَمْرُ إلَيْكِ ، فانظُرِي ماذَا تَأْمُرِينَ) (٣٣)

پاش ئەوە شاژن بەڵقیس لە نامەکە حاڵی بو وتی : ئەی ئەهلی بارەگا فتوام بۆ بدەن لەم کارەدا کە رووی داوەو رووی کردوەتە حوکوومەتی من، بزانم بیرتان بە چی ئەگا ، من یاسام وایە بڕیاری هیچ کارێ نادەم هەتا ئێوە حازر ئەبنو بیرتان وەرئەگرم • ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوە وتیان : ئێمـــە خۆمان گەلێکی خاوەن هێزو تەواناینو خاوەنی کەرەسەی جەنگو چەکین ، کە وابێ ئەتوانین بڕۆینە جەنگەوە لەگەڵ سولەیماناو ئەمرو فەرمانیش فەرمانی خۆتە ، بیر بکەرەوە لە کاری خۆتاو بزانە ئەمر بە چی ئەکەی لە جەنگو ئێمە مانیعمان نیە •

(قالَتْ : إنَّ المُلوكَ إذا دَخَلُوا قَرْيَــةً اَفْسَدُوها وجَعَلُوا اَعِزَّةَ اَهْلِها أذِلَّةً ، وكذلِكَ يَفْعَلُونَ (٣٤) وإنِّي مُرْسِلَةٌ إلَيْهِمْ بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ المُرْسَلُونَ ؟) (٣٥)

شاژن بەڵقیس وتی : بە راستی پادشایانو خاوەن فەرمانان کاتێ بە سوپاوە چوونە ئاوەدانیەکەوە ئەو ئاوەدانیە خراپ ئەکەن بە وێرانکردنی بازێ قەڵا لەبەر ئەوە کە ئەهلی جەنگی تێدا بوون ، وە بازێ خانوو لەبەر ئەوە کە خانووی دوژمن بوە ، وە بازێ عیبادەتخانە لەبەر ئەوە لەسەر یاسای دینی ئەوان نەبوە ، وە بازێ شوێنی ئیشو کاری میری چونکی لەسەر زەوقی ئەوان نیە •

وە پیاوە خاوەن پایەو شانەکانی وڵاتەکەش سووکو رسوا ئەکەن ، چونکە هەرکەسێ لە چینی فەرماندارانی پێشوو بووبێ یا دەستەو بەستەی ساغی ئەوان بووبێ ، ئەوە ئەنجامی کاری یا کوشتنە یا زیندانی کردنە یا دوورخستنەوەو شاربەدەرکردنە ، ئەوانەیش کە لە باقی چینەکانی خاوەن وەزیفەن کەمێکیان نەبێ لەگەڵیانا جووت ئەبێو ئەوانیش بە دڵ لێی ئەمین ئەبنەوە • ئەگەرنا زۆربەیان هەر بە چاوی سووکیو بێکەسیوە تەماشا ئەکرێن •

وە ئەمە یاسای ئادەمیزادە لە کۆنەوە تا ئیستەو لەمەولایش هەروا ئەبێ ، بەڵام بیری راست ئەوەیە من پێتان ئەڵێم کە من دیاریەکی موناسبو شیاوی بۆ ئەنێرم جا با بزانین ئەوان چی ئەڵێنو چی ئەکەنو پیاوەکانمان بە چ جۆرێ ئەسوورێنەوەو دێنەوە بۆ لامان ؟

(فَلَمَّا جَاءَ سُلَيْمَانَ ، قَالَ : أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ ؟! فَمَا آتَانِيَ اللهُ خَيْرٌ مِمَّا آتَاكُمْ ، بَلْ أَنْتُمْ بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ !) (٣٦)

جا بەڵقیس ئەو دیاریانە کە ئامادەی کردبوون هەمووی ناردن بۆ خزمەتی سولەیمان ، کاتێ پێی گەیشت فەرمووی : ئەوە ئێوە کۆمەکی من بە

ماڵی دنیا ئەکەن ؟! ماڵی دنیا لە لای من نرخی نیەو ، ئەوەی خودا داویەتی بە من چاترە لەوەی کە داویەتی بە ئێوە ، بەڵکو هەر ئێوەن کە بەو دیاریەی خۆتان شاد ئەبن •

(إِرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لا قِبَلَ لَهُمْ بِهَا ، وَلَنُخْرِجَنَّهُمْ مِنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ) (٣٧)

سولەیمان فەرمووی بەوەی کە دیارییەکەی هێنابوو : بگەڕێرەوە بۆ لای شاژن بەڵقیس‌و دەستەکەی ، بە راستی بە سوپایەکی واوە دێمە سەریان کە توانای بەرهەڵستییان نەبێ‌و خۆیانی لەبەردا نەگرن‌و لە شاری سەبایان دەرئەکەم بە کزی‌و بێ دەستی‌و ناتەوانی •

(قَالَ : يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ ؟ (٣٨) قَالَ عِفْرِيتٌ مِنَ الْجِنِّ : أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ ، وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ (٣٩) قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ : أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ ! فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِنْدَهُ قَالَ : هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي ، لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ، وَمَنْ شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ ،وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ) (٤٠)

جا حەزرەتی سولەیمان لەبەر ئەوە کە باوەڕی وەهابوو پاش گەڕانەوەی کۆمەڵی دیاری هاوەرو گەیشتنیان بە شاری سەبا زوو بەزوو شـــاژن

بەڵقیس خۆی ناگرێو دێت بۆ لای بە ملکەچیو بەرەو لای ســـولەیمان ئەکەوێتە رێ ، جا سولەیمان بە دانیشتوانی لای خۆی ئەڵێ : کامتـــــان ئەتوانێ تەختی بەڵقیسمان بۆ بێنێ لە پێش ئەوەدا کە ئەو بە موسوڵمانی بێ بۆ لام ؟ جا عیفریتێ ، واتە جنێیێکی ناهەمواری نابار ، وتی : من ئەو تەختی بەڵقیسەت بۆ دێنم بەر لەوە تۆ لە شوێنی حوکمداری هەڵسیو دەوام تەواو بێو ، من بۆ ئەم کارە بە تواناو دەست پاکمو ، ئەو شتانە بە پارێزراوی دێنمە لات •

وە ئەو کەسەیش کە زانیاریەکی موناسبی لابو لە (کیتابی موبین) واتە لە (لوح المحفوظ) وتی : من ئەو کورسیەت بۆ دێنم لە پێش ئەوەدا چاوت لە تەماشاکردنێ بگێڕیتەوەو چاوت بەرز کەیتەوە ! جـا کاتێ حــەزرەتی سولەیمان چاوی کەوت بە تەختەکە لە لایا دانراوە فەرمووی : ئەم جۆرە کارە لە یاسابەدەرە کە لەسەر دەستی یەکێ لە دەستەی مندا دەرئەکەوێ لە فەزڵو میهرەبانی خودای پەروەردگاری منەو ، بەم نیعمەتانە بەراوردم ئەکا ئایا من سوپاسی خودای تەعالا ئەکەم یا نایکەم ؟ وە هەرکەسێ سوپاسگوزار بێ ئەوە سوودی سوپاسەکەی بۆ خۆیەتیو هەرکەسیش ناسوپاس بێ ئەوە خودای من بێنیازە لەوو خاوەن کەرەمەو سوپاسگوزاری زۆری هەیە •

(قَالَ : نَكِّرُوا لَهَا عَرْشَهَا نَنْظُرْ أَتَهْتَـــدِي أَمْ تَكُونُ مِنَ الَّذِينَ لا يَهْتَدُونَ ؟) (٤١)

حەزرەتی سولەیمان بە حازرانی فەرموو : شــێوەی تەختەکەی بۆ بگۆڕن بزانین ئایا ئەزانێو شارەزا ئەبێ ئەم تەختە تەختەکەی خۆیەتی ، یاخود لە جوملەی ئەو کەسانەیە کە بێئیدراکو نەزاننو رێ ناباتەوە سەر ماڵی خۆی ؟

(فَلَمَّا جاءَتْ قِيلَ : أَهَكَذا عَرْشُكِ ؟ قالَتْ : كَأَنَّهُ هُوَ ، وأُوتِينَا العِلْمَ مِنْ قَبْلِها وكُنَّا مُسْلِمِينَ) (٤٢)

جا کاتێ بەڵقیس لەگەڵ پیاوانی بارەگایا هات بۆ خزمەتی سولەیمانو بەخێرهاتنیان لێ کرا •• لە میانەی وتارا پرسیار کرا لە بەڵقیس : ئایا تەختەکەی تۆ وەکو ئەم تەختە وایە ؟ ئەویش وتی : وەك ئەوە وایە ئەو بێو زۆر لە تەختەکەی من ئەچێو ، ئێمە پێش ئەوە ئەم باسو کارە ببینین زانیاریسان پێدرابو لە لایەنی خودای تەعالاوە کە خودا تەوانایە بەسەر هەموو کارێکداو بە دڵ موسوڵمان بووینو ئەمانزانی کە سولەیمان پێغەمەری خودایە •

(وصَدَّها ما كانَتْ تَعْبُدُ مِنْ دونِ اللهِ إنَّها كانَتْ مِنْ قَوْمٍ كافِرِينَ) (٤٣)

وە لە راستیدا مەنعی بەڵقیسی کردبو لەوە کە بێت ئیعلانی ئیسلامیەتی خۆی بکا ئەوەی کە ئەو بەندەیی ئەکرد بێجگە لە خودا ؛ چونکە ئەو ژنە لە گەلێکی کافر بو ؛ واتە لە ناو گەلێکدا پەیدا بووبوو کە کافر بوونو سوجدەیان ئەبرد بۆ رۆژو موداراو موجامەلە لەگەڵ ئەو گەلەدا مانیع بوو لەوە کە بە راستی بیرو باوەڕی خۆی دەربڕێ لە ترسی فەوتانی حوکمو ئیدارەی وڵاتەکەی •

(قِيلَ لَها : ادْخُلِي الصَّرْحَ ، فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وكَشَفَتْ عَنْ ساقَيْها ، قالَ : إنَّهُ صَرْحٌ مُمَرَّدٌ مِنْ قَوارِيرَ ،

قالَتْ : رَبِّ إنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي واَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمانَ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ) (٤٤)

ریوایەت‌کراوە : کە حەزرەتی سولەیمان لە پێش هاتنی بەڵقیسدا لــە (سەبا)وە بۆ فەلەستین فەرمانی دا کە کۆشکێ بۆ میوانداری دروســت بکەن‌و ئەوانیش دروستیان کردو بە بلوور هەموو سەقف‌و زەوی‌و دیواریان جوان کرد ، جا کاتێ هات لە لایەنی سولەیمانەوە فەرمانی بۆ دەرچو : بڕواتە ناو ئەو کۆشکەوە بۆی دروست‌کراوە ، ئەویش هەستا رۆیشت بۆ ئــــەو شوێنە ، کاتێ چاوی پێی‌کەوت لەبەر شەوقی جامەکانی سەر زەوییەکەی گومانی برد ئەوە ئاوە لەو رێگەدا کۆبوەتەوەو بوە بە حەوز ، بۆیە هەردوو قولی هەڵکرد هەتا بەرگەکەی تەڕ نەبێ ، جا سولەیمان ، کــــە لەگەڵیا بو ئەڕۆیشتن بۆ کۆشکەکەی ، یاخود ئەو یاوەرە کە لە لایەنی سولەیمانەوە دیاری کرابوو بۆ هاوڕێتی پێی‌وت : ئەوە کە تۆ چاوت پێی کەوت ئاو نیــە بەڵکو کۆشکێکی شووشەبەندەو ساف لە بلوور دروست‌کراوە ٠ جـــا ئەویش کە حاڵی بو ئەگەر بە هێزی ریسالەت‌و تەئییدی خودایی نەبوایە بەو ماوە کەمە ئەو کۆشکە دروست نەدەکراو ئەوەندەیش جوان نەدەکرا بــە شووشەبەندکراوی دارو دیوارو هەموو جێگایەکی ٠٠ وتی : پەروەردگارا بە راستی من ستەمم لە خۆم کرد بە بەندەیی بۆ رۆژو بە پاشکەوتنم بۆ لای سولەیمان ، وە وا من لەگەڵ سولەیماندا ئیسلام بووم ، واتە بە پیرۆزی هاوڕێتی سوولەیمان بۆ ئەو خودایە کــــە پەروەردگاری هەموو جیهانەو ئیعلەن ئیمانی هێنا بە خوداو ریسالەتی سولەیمانی بە دڵ وەرگرت ٠

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : بە نەصی ئایەت دەرکەوت کە بەڵقیس دینی حەزرەتی سولەیمانی وەرگرتوە ، بەڵام بەیانی ئەوە نەکراوە کە شووی کردوە بە سولەیمان یا نە ، هەردوولایان ئەگونجێن ، بۆیە بازێ ئەڵێن : شووی پێ‌کردوەو ، بازێ ئەڵێن : بە فەرمانی سولەیمان شووی کردوە بە یەکێ لە پاشایانی (تبابعە) لە وڵاتی یەمەندا .

دووەم : بازێ نەزان وتوویانە : چۆن ئەبێ کە ئاصەفی هاوڕێی حەزرەتی سولەیمان بتوانێ تەختی بەڵقیس لە وڵاتی سەباوە بێنێ بۆ فەلەستین‌و سولەیمان ئەوەی پێ نەکرێ ؟

وەڵامی ئەمەیە : کە دروستە غەیری پێغەمەران خودا بازێ سیفەتیان پێ بدا کە نەیدابێ بە پێغەمەران،وەکو چۆن حەزرەتی مەریەم تایبەت بوە بەوە کە میوەی هاوینی لە زستانا هەبوەو میوەی وڵاتی دووری لادا دەسکەوتوە ، بە جۆرێ کە حەزرەتی زەکەریا سەری سوڕئەماو پرسیاری لێ ئەکرد : ئەو رۆزییەت لە کوێوە دەس‌کەوتوە ؟ ئەویش ئەی‌وت : ئەو رۆزییەی لە لایەنی خوداوە بۆ هاتوە .

وە حەزرەتی خدر ئەو زانیاریانەی ئەزانی کە حەزرەتی موسا نەیزانیون، وە حەزرەتی محەمەد ــ د ــ کاتێ ئەڕۆیشت بۆ غەزا داوای دۆعای تەوفیقی لە هەژارانی مەدینە ئەکردو ئەیفەرموو : خودا بە دۆعای ئێوە سەرمان ئەخا .


دەی لەوانەیە خودای تەعالا بازێ شتی وای دابێ بە ئاصەف کە نەیدابێ بە حەزرەتی سولەیمان ــدــ ، وە لە هەمان‌کاتیشدا هەر کارێکی لە پاسابەدەر

بۆ ئاصەف رێ بکەوێ هەمووی بەڵگەیە لەسەر گەورەیی سولەیمان ـدـ، چونکە ئەو لە پەیڕەوانی سولەیمان بوە •

ئەڵێن : ئەو زانیاریە کە ئاصەف زانیویەتیو توانیویە ئەو تەختەی لەو ماوە دوورەوە بەو چاوبڕکە پێبێنێ •• بریتی بوە لە (اسم اعظم)و ، بە لای گەلێ لە زانایانەوە ئیسمی ئەعظەم (الله)یەو ، بازێ ئەڵێن : (یا حی یاقیوم)ەو، بازێ ئەڵێن : (یا ذا الجلال والاکرام)ەو ، بازێ ئەڵێن : (یا الله یا رحمان)ەو، بازێ ئەڵێن : (یا الهنا واله کل شیء الها واحدا لا اله الا انت) بە مەرجێ کە دۆعاکە رەوا بێو بە ئیخلاصی دڵ بێ •

سێهەم : وتراوە : چۆن مەعقوولە کە ئەو تەختە گەورە بە چاوبڕکەیێ بگاتە شامات ؟ وەڵامی ئەمە ئەوەیە کە توانایی خودا زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا •

زیاد لەمە ئیمرۆ کە (جرم)ی رۆژ نزیکەی چارەکە ملیۆنێ ئەوەندەی زەوی ئەبێو بە ماوەی یەك دەقیقە هەمووی لە ئاسۆوە هەڵدێ ، جا ئەگەر ئەو ماوەی زەمانی دەرچوونی جورمی رۆژە بەش بکەین بەسەر ماوەی گەیشتنی ئەو تەختەدا لە سەباوە بۆ شام ئەبێ ئەندازەی چاوبڕکە زۆر بێ بۆ ئەو گەیشتنی تەختە لە سەباوە بۆ شام • واتە پێویستە ئەو ماوە لە چاوبڕکەیش کەمتر بێ !



(وَلَقَدْ اَرْسَلْنا إلى ثَمودَ اَخَاهُمْ صالِحاً : اَنِ اعْبُدوا اللهَ فَإذا هُمْ فَريقانِ يَخْتَصِمونَ (٤٥) قالَ : يا قَوْمِ لِمَ

تَستَعجِلونَ بِالسَّيِّئَةِ قَبلَ الحَسَنَةِ ؟ لَولا تَستَغفِرونَ اللهَ ! لَعَلَّكُم تُرحَمونَ (٤٦) ، قالوا: اطَّيَّرنا بِكَ وبِمَن مَعَكَ ، قالَ : طائِرُكُم عِندَ اللهِ ، بَل اَنتُم قَومٌ تُفتَنونَ) (٤٧)

به راستی صالحمان به پێغەمەری رەوانەکرد بۆ لای ثەموودو ، صالح برایان بوو له رەگو ریشەی خۆیان بو ، پێمان وت : که فەرمانیان پێ بدا بەندەیی خودا بکەنو سوجدەی بۆ بەرن ، کەچی هەرا کەوتە ناویانو بوون به دوو بەش ؛ یەکێکیان موسوڵمانو ، یەکێکیـــان کافر ، چوون به گژی یەکترا • صالح پێی وتن : برایان بۆچی ئێوە پەلەپەل ئەکەن بۆ صیفــــەتی ناپیرۆزو شوومی کوفر بەر لەوە کە بە عەقڵی خۆتان بیرێ له جوانی ئیمـــان بکەنەوە؟ بۆ داوای چاوپۆشیو لێخۆشبوون له خودا ناکەن بۆ تاوانەکانتان؟ بەڵکو خودا بەزەیی بێتەوە پێتاناو رەحمتان پێ بکا •

یاخود بۆچی به پەلەپەل کافری هەڵئەبژێرنو داوای هاتنی سزا ئەکەن بۆ سەرتان بەر لەوە تۆبە بکەنو بگەرێنەوە بۆ لای خودا ؟ ئـــەوە بۆچی داوای چاوپۆشیو تاوانبەخشی له خودا ناکەن به هیوای ئەوە کە خودا میهرەبانیتان لەگەڵدا بکا ؟ جا ئەوانیش چوون بەگژیاو وتیان : قسە مەکەو دڵمان ئازار مەدە ، ئێمە گیرۆدەی چەن زەحمەت بووین بـــه هۆی تۆو هاورێکانتەوە ، ئەویش فەرمووی : نەخەیر شوومی ئێوەو هاتنەخوارەوەی سزا بۆ سەر ئێوە له لای خوداوەیە لەبەر ئەوە بێ ئیطاعەیی خودا ئەکەنو استحقاقی سزا پەیدا ئەکەن ، نەك هەر تا ئیمرۆ بەڵکو هەم لەمەولایش ئێوە دووچار ئەبن به خۆشیو ناخۆشی •

یاخود ئێوە بە هۆی ئێمەوە گیرۆدە نەبوون ، بەڵکو ئێوەیش وەکو ئادەمیزادانی تر تاقی ئەکرێنەوە بە خۆشیو ناخۆشیو ، ئینسان لەسەر یەك حاڵ نامێنێو ، عاقڵ پێویستە لە هەردوو حاڵەکەدا خۆگر بێو ناخۆشیەکان لە دینو ئەهلی دینەوە نەزانێ ، بەڵکو هـــەر لــە لایەنی خوداوە دێن ، وە خۆشیە کان نیعمەتنو تاقیکردنەوەی سوپاسیان پێ ئەکرێو ، ناخۆشیەکان زەحمەتن بۆ تاقیکردنەوەی ناسوپاسێن ، یا رەحمەتەکان حوجەتن لەســەر ئادەمیزادو زەحمەتەکان عوقووبەتن بۆیان لەسەر تاوانەکانیان .

(وكانَ فِي المَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدونَ فِي الأَرْضِ وَلاَ يُصْلِحُونَ (٤٨) قالُوا تقاسَمُوا بِاللهِ : لَنُبَيِّتَنَّهُ وأَهْلَهُ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ : ما شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ ، وإِنَّا لَصَادِقُونَ (٤٩) ومَكَرُوا مَكْراً ومَكَرْنا مَكْراً وهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ (٥٠) فانْظُرْ كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ مَكْرِهِمْ : أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ) (٥١)

وە لە شاری حەزرەتی صاڵحدا نۆ کۆمەڵ هەبوو ، هەرکام لەوانە پیاوە بەرزەکانیان لە سێ کەسەوە بوون تا دە کەس ، وە ئەو نۆ کۆمەڵە لــە نۆ بەرەباب بوونو ، هەر یەکێ لەوان بۆ سوودی خۆی کۆمیتەیەکی تایبەتی هەبوو ، بەڵام لە نوخرو سەرپێچیدا یەك بابەت بوونو هــەموو لایەکیان بەدکاریو بەدڕەوشتییان ئەکردو چاکــەیان نەدەکردو دژی بانگی ئایینیو حەقپەرستی بوون ، ئەمانە هەموو سوێندخوار بوون بە خوداو سوێندیان خوارد وتیان : شەو ئەدەین بەسەر صالحو دەستەو بەستەیاو ، ئەیژینــە

سەریان بەشـــەو بیانکوژنو ، کاتێ رۆژ بوەوە ئــەڕۆین بۆ لای خوێنڕەسەکانیانو سوێندیان بۆ ئەخۆین : ئێمە حازری کوشتنی ئــەوانە نەبووینو بەراستی ئێمە راستینو راســت وتارین ، چونکـــە ئێمـــە نەمانکوشتوونو دەستەو کۆمەڵی ئێمە کوشتوونیان •


ئەگێڕنەوە : حەزرەتی صالح ــ د ــ عیبادەتخانەیەکی بوو لە شوێنێکی کەنارا بەندەیی خودای تێدا دەکرد ، وتیان : صالح وتوویەتی : لە ماوەی سێ رۆژی تردا من ئەم گەلە بە سزای خودا لەناوئەبەم ، جا با ئێمە لە پێش سێ رۆژەکەدا ئــەو لەناوبەرین ! شــەو رۆیشـــتن بۆ مزگــەوتەکەی بــۆ ئــەوە بیکوژن ، لــە پێش ئــەوەدا بگــەنە مزگەوتەکە خودای تەعــالا لە کێوێکی گەورەوە کە لە راسەری شارەکەوە بو بەردێکی گــــەورەی تلکردەوەو هات بۆ سەر رێگەکەیانو دەرگای ئــــەو رێگەی لێ بەستنو نەیانتوانی بگەنە لای حەزرەتی صالحو ، لە سبەینێی ئەو شەوەدا خودا گەلە بەدکارەکەی لەناوبرد بە نرکەی فریشتەی ئەمین جوبرەئیل ، یــا بــە دەنگێکی ترسناکی بومەلەرزەو بورکانی زەوی ، یا بەهەر جۆرێ کە خودا خۆی بڕیاری دا •

ئەمەی گێڕامانەوە بەیانی ئایەتەکەیە کە ئەفەرموێت : ئەو کافرانــە مەکری خۆیان کردو منیش کاری خۆم بەجێهێناو ئەوان بە خۆیان نازانن کە چۆن لێیان ئەدەم •

جا بڕوانە ئەی موســـوڵمانی خاوەن بیرو هۆش چۆن بو ئەنجامی مەکرەکەیان کاتێ من هاتم بە تەواوی رەگو ریشەی ئەوانم دەرهێناو بەربادم کردن ؟

(فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥٢) وَأَنْجَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ) (٥٣)

تەماشا بکەن‌و بڕوانن ئەوە خانوەکانیانە بە هۆی ستەمکاری خۆیانەوە کەوتوون‌و بناغەو شوێنەوارەکانیان دیارە ، بە راستی لەم کارەساتەدا بەڵگەی ئاشکرا هەیە لەسەر گەورەیی‌و تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە خاوەن ئیمان بن • وە ئەوانەیش کە ئیمانیان هەبوو وەکوو حەزرەتی صالح‌و پەیڕەوەکانی‌و خاوەن تەقوا بوون رزگارم کردن لە دەستی ئەو ستەمکارانەو لەو سزایەیش کە ناردمان بۆ سەر ئەو وڵاتە •



(وَلُوطاً ، إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ : أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنْتُمْ تُبْصِرُونَ ؟ (٥٤) أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ ؟! بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ (٥٥) فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَنْ قَالُوا : أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِنْ قَرْيَتِكُمْ ، إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ (٥٦) فَأَنْجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ (٥٧) وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ مَطَراً فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنْذَرِينَ) (٥٨)

ئەی خۆشەویست باسی حەزرەتی لوطیش بکەو بەسەرهاتی ئەوو گەلەکەی بگێڕەوە لەو کاتەدا کە لە شێوەی ئامۆژگاریدا بە گەلەکەی

فەرموو : ئایا ئێوە دێن ئەم کارە نابارە ناپەسەندە بێسوودانە ئەکەنو ئێوە چاوتان ئەبینێو دنیاتان دیوەو ئەزانن ئەم کارانە کاری ئینسانی بە ناموس نین؟ئایا ئێوە دەچنە لای پیاوان بۆ بە جێهێنانی ئارەزووی جینسی خۆتانو واز لەو ژنانە دێنن کە خودا دروستی کردوون بۆ هاوڕێتی پیاوان بە شێوەی رەواو پەسەند ؟! نە ، نە ، ئێوە گەلێکی نەزانن بە سوودو زیانی کردەوەی خراپو کردەوەتان وەك ئاژەڵ وەهایە • وە وەڵامی گەلەکەی هەر ئـەوە بو کە وتیان : لوطو دەستەو بەستەکەی لەم ئاوەدانی خۆتانە دەرکەن ؛ چونکی ئەوانە کۆمەڵێکن خۆیان پاك رائەگرنو خۆیان بە پاك ئەزانن لە خوڵكو رەوشتو کاردا •

جا ئێمەیش قارمان لێ گرتنو لوطو کۆمەڵەکەیسان لە ئاثاری ئەو قارە رزگار کرد ، ژنەکەی نەبێ کە بڕیارمان دابو ئەویش لەوانەیە بەر قـــار کەوتوونو لەناو ئەچن • وە شارەکەیانم ژێراوژوور کردو بەردم بەســەرا باراندن . جا زۆر نابارە ئەو بەردەبارانە کە لە لایەنی خوداوە بێت بۆ گەلێك هەڕەشەیان لێ بکرێو ئەوان گوێی پێنەدەن •

(قُلِ : الحَمْدُ للهِ وسَلامٌ على عِبادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى ، اَللهُ خَيْرٌ اَمَّا يُشْرِكُونَ ؟) (٥٩)

جا پاش ئەوە کە تۆ ئاگادار بوویت لەسەر بەسەرهاتی پێغـەمەرە نازارەکان لەگەڵ گەلە نابارەکانیاناو حاڵی بوویت کە ئەنجامی پیرۆز هــەر بۆ پێغەمەرانەو بۆ پەیڕەوەکانیانو نیعمەتی بەختیاری خەڵاتی زاتی ئەوانە•• بڵێ : هەرچی سوپاسو ستایشە بۆ خودای پەروەردگاری عالەمەو درووود لەسەر بەندە گەورە چاکەکانی خودایە ، ئەوانەی کە خودا هەڵیبژاردوون بۆ

رابەری ، وە تەماشا بکە ئایا خودای پەروەردگاری جیهان باشە یا ئەو شتە بێ گیانانە کە ئەوان ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودا ؟

(اَمَّنْ خَلَقَ السَّماواتِ والاَرْضَ واَنْزَلَ لَكُمْ مِنْ السَّماءِ ماءً ، فاَنْبَتْنا بِهِ حدائِقَ ذاتَ بَهْجَةٍ ما كانَ لَكُمْ اَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَها ؟ أَإِلهٌ مَعَ اللهِ ؟! بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ) (٦٠)

یا خەیر ئەو شتە بێ سوودانە باشن بۆ خودایی یا ئەو زاتە کە ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوەو لە ئاسمانەوە بارانی باراندوەو بەو بارانە چەن باخو بەرەی جوانی بۆ ئێوە رواندوەو بۆ ئێوە نە دەکرا داری ئەو باخانە بڕوێنن ؟ ئایا خودایێ تر لەگەڵ زاتی خودادا هەیە ؟! نە ، نە شتی وا نیە بەڵکو ئەو کافرانە گەلێکی لە رێگەدەرچوو لە راستی لادەرن •

(اَمَّنْ جَعَلَ الاَرْضَ قَراراً ، وجَعَلَ خِلالَها اَنهاراً ، وجَعَلَ لَها رَواسِيَ ، وجَعَلَ بَيْنَ البَحْرَيْنِ حاجِزاً ؟ أَإِلهٌ مَعَ اللهِ ؟! بَلْ اَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ) (٦١)

یا خەیر ئەو بتانە باشن یا خودایێ کە زەوی کردوە بە قەرارگاو ئارامگای گیانلەبەرانو بڕیاری داوە کە لە بەینی جمگە جمگەکانی زەویدا چەن رووبارێ رەوان ببێو ، چەن کێوێکی دامەزراوی داناوەو لە نێوان دوو دەریای رۆمو قولزومدا بەینێکی داناوە ؟ ئایا خودایێ تر هەیە لەگەڵ خودای جیهاندا ؟! نە ، نە شتی وا نیە ، بەڵام زۆربەی ئەو گەلە راستی نازانن •

(اَمَّنْ يُجِيبُ المُضْطَرَّ إذا دَعاهُ ويَكْشِفُ السُّوءَ ، ويَجْعَلُكُمْ خُلَفاءَ الاَرْضِ ؟ أإلهٌ مَعَ اللهِ ؟! قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ) (٦٢)

یا خەیر ئەو دارو بەردە تاشراوانە باشن ، یا ئەو زاتە میهرەبانە کە وەلامی نزاو پاڕانەوەی داماوو ناچار ئەداتەوە کاتێ هاواری لێ بکاو چاری خراپەیش ئەکاو ئەیشتوانێ ئێوە بکا بە جێگری خۆی لە زەویداو هێزو نیرووتان بداتێ ؟ ئایا خودایە تر هەیە لەگەڵ خودادا ؟ بە راستی لە چەرخی ژیانا زۆر کەم بیر ئەکەنەوە •

(اَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُماتِ البَرِّ والبَحْرِ ومَنْ يُرْسِلُ الرِّياحَ بُشْراً بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ؟ أإلهٌ مَعَ اللهِ ؟! تَعالى اللهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ) (٦٣)

یا خەیر ئەو دارو بەردە باشن بۆ خودایی یا خودایەکی وەها کە ئێوە هەموو شارەزا ئەکا لە تاریکی وشکانو تەڕاییدا واتە لە دەریاو لە زەویدا، وە ئەو خودا کە با ئەنێرێ بە موژدەدەر لە پێش دەمی رەحمەتەکەیەوە کە بارانە ؟ ئایا خودایێ تر هەیە لەگەڵ خودادا ؟! خودا زۆر بەرزە لەو حالانە کە ئەو گەلە کافرانە بیری لێ ئەکەنەوەو ، بێ موناسەبەیە لەگەڵ ئەو شتانەدا کە ئەو کافرانە ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودای پەروەردگاری جیهان •

(اَمَّنْ يَبْدَأُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ، ومَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّماءِ والاَرْضِ ؟ أإلهٌ مَعَ اللهِ ؟! قُلْ : هاتُوا بُرْهانَكُمْ إنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ) (٦٤)

ئایا ئەو بتانە شیاوی تەئثیرن یا ئەو زاتە خاوەن خواستو تەوانایە کە لە سەرەتاوە هەرچی بویٚ بیکا لە خەلقو ئیجاد ئەیکاو ، لە پاش ئەوەیش کە مراندی دووبارە زیندووی ئەکاتەوە بۆ حیسابو کیتاب ، وە ئەو زاتە کە مادەی بژیویو رۆزیتان بۆ ئەنێریٚ لە ئاسمانو زەوییەوە ، لە ئاسمانەوە بە بارانو بەفرو تەرزەو گەزۆو شۆکەو ... لە زەوییەوە بە گیاو کشتوکاڵو میوەو مەوادی بە سوود بۆ مانەوەی گیانلەبەرانو ئادەمیزادان ؟ ئایا هیــچ خودایێ هەیە لەگەڵ خودادا ئەمانە بکات ؟! تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرموو بەوانە کە داوای هاوڕێبڕیاردان بۆ خودا ئەکــەن : بەڵگەیەکی راست بێننەوە لەسەر مەبەستەکەتان ئەگەر راست ئەکەنو لە راستانن لەسەر ئەم داوای خۆتانە .

(قُلْ : لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّماواتِ والأَرْضِ الغَيْبَ إِلاَّ اللهُ وما يَشعُرونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ (٦٥) بَلِ ادّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الآخِرَةِ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِنْها ، بَلْ هُمْ مِنْها عَمُونَ) (٦٦)

ئەی رەهبەر تۆ بفەرموو : ئەو کارە بەرزانە ئێمە باسمان کردن بــە کەسێ ئەکرێن کە ئاگادار بێ بەسەر هەموو شتێکی ئاشکراو پەنامەکی لە ئاسمانو زەویدا ، وە ئەوە هەر خودایە ؛ چونکی هیچ کەس لەوانە کە وان لە ئاسمانەکاناو وان لە زەویدا غەیب نازانن و ئاگایان لە شتی پەنامەکی نیــە خودا نەبێو ، بە خۆیشیان نازانن کەی ئەمرنو کەی زیندووئەکرێنەوە بۆ حیساب ، بەڵکو کاتێ باسی قیامەت دێتە پێشەوە لەناو خۆیانا ئەکـــەونە کێشەو بەرە لە باسی قیامەتا ؛ ئەگەر بازێکیان باوەڕی پێ بکەن بازێکی تریان باوەڕی پێ ناکەن ، بەڵکو هیچ تاقمێکیان زانستیان نیەو هەموو وان لــــە

دوودڵیدا لە قیامەتا ، بەڵکو ئەوانە هەر کوێرن لە باسی پاشەڕۆژا ؛ چونکی نەکەوتوونەتە شوێن کیتابو رابەرێ کە راستی بخاتە بەرچاویان ، وەهەروا لەسەر ئەو سووکی بیرو تێگەیشتنەو نەزانینی راستیە ئەمێننەوە ، جا گەلێ کە وەهابن ئەبێ کێشیان لە بازاڕی راستیدا چی بێ ؟

(وقالَ الَّذينَ كَفَرُوا : أإذا كُنَّا تُراباً وآباؤُنا ، أإنَّا لَمُخْرَجُونَ ؟ (٦٧) لَقَدْ وُعِدْنَا هذا نَحْنُ وآباؤُنا مِنْ قَبْلُ ، إنْ هذا إلاَّ أَساطِيرُ الأَوَّلِينَ (٦٨) قُلْ : سِيرُوا فِي الأَرْضِ ، فَانْظُرُوا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ المُجْرِمِينَ (٦٩) ولا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ ، ولا تَكُنْ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ) (٧٠)

وە کافرەکان بە بێ باوەڕییەوە ئەڵێن : ئایا ئێمە لە کاتێکدا لەگەڵ باوکو باپیرەمانا لە گۆڕستانا رزینو بووینەوە بە گڵ ئایا ئێمە دەرئەکرێینەوە بۆ عالەمی زیندوێتی ؟! بە راستی ئەم وتارە وتارێکی پێش ئیمڕۆیەو ئیستەیش دووبارە ئەکرێتەوەو ، ئێمەو باوکو باپیرەکانمان ئەم قسانمانە دراوە بە گوێداو لەمەوپێش ئەمەمان پێ وتراوە ، ئەم باسە هیچ نیە ئەفسانەی پێشینان نەبێ ! تۆ ئەی رەهبەر پێیان بڵێ : بڕۆن بەسەر زەویدا بگەڕێن تەماشا بکەن چۆن بو ئەنجامی ئەو تاوانبارانە کە ئینکاری حەشریان کرد • بزانن چۆن بەردەبارانمان کردنو قارمان لێ گرتن ، تۆ هەرگیز زویرو دڵگران مەبە لەسەر کوفرو ئینکاری ئەم کافرانەو ، لە دڵتەنگیشدا مەمێنەرەوە لەو فڕو فێڵە ئەوان ئەیکەن بۆ لەناوبردنی تۆو بەربادکردنی دینەکەتو پەیڕەوەکانت •

﴿ ويَقُولُونَ : مَتى هذا الوَعْدُ إنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ؟! (٧١) قُلْ : عَسى اَنْ يَكُونَ رَدِفَ لَكُمْ بَعْضُ الَّذي تَسْتَعْجِلُونَ (٧٢) وَإنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ على النَّاسِ ، ولكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لا يَشْكُرونَ (٧٣) وإنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ ما تُكِنُّ صُدُورُهُمْ ومَا يُعْلِنُونَ (٧٤) وما مِنْ غائِبَةٍ فِي السَّماءِ والاَرْضِ إلاَّ في كِتابٍ مُبِينٍ) (٧٥)

وە ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەو سزا کە بڕیار وایە بێتە سەرمان کەی دێت ئەگەر راست ئەکەن ؟ تۆ پێیان بفەرموو : نزیکە بازێ لەو سزایە کە ئێوە پەلەی بۆ ئەکەن پێتان بگاتو ، بە راستی خودای تۆ خاوەن فەضلو خاوەن بەزەییە لەسەر ئادەمیزاد کە زووبەزوو سزایان نادات ، بەڵام زۆربەی ئادەمی سوپاسی ئەو رەحمەتە ناکەن ، وە بە راستی خودای تۆ ئەزانیو ئاگای لەو کینەو حاڵەتە ناشیرینەیە کە وا لە سینەی ئەوانا ، هەروەها زانایە بەوەی کە بە زمان دەری ئەبڕن ، وە هیچ شتێکی پەنامەکی نیە لە ئاسمانو لە زەویدا لە (لوح المحفوظ) دا نەبێ ئەو لەوحە نووسراوێکی وایە هەموو شتێکی تیا نووسراوە .

(إنَّ هذا القُرْآنَ يَقُصُّ عَلى بَنِي إسْرائِيلَ اَكْثَرَ الَّذي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (٧٦) وإنَّهُ لَهُدىً ورَحْمَةٌ لِلمُؤْمِنِينَ (٧٧) إنَّ رَبَّكَ يَقْضي بَيْنَهُمْ بِحُكْمِهِ وهُوَ العَزِيزُ العَلِيمُ (٧٨) فَتَوَكَّلْ على اللهِ إنَّكَ عَلى الحَقِّ المُبِينِ (٧٩) إنَّكَ لا تُسْمِعُ المَوْتى ولا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعاءَ إذا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ (٨٠) وما اَنْتَ

بِهادِي العُمْيِ عَنْ ضَلالَتِهِمْ ، إنْ تُسْمِعُ إلاَّ مَنْ يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا فَهُمْ مُسْلِمُونَ) (٨١)

بە راستی ئەم قورئانە پیرۆزە ئەگێڕێتەوە بەسەر بەنی ئیسرائیلدا بە شێوەی کەشفو دەرخستنی راستی زۆربەی ئەو شتانە کە جیاوازییان هەیە تیایا ؛ وەکو تەشبیهی خودا بە مەخلووقو دوورخستنەوەی لە هاوڕێو ، ئەحوالی عوزەیرو مەسیحو بەهەشتو دۆزەخو ...

وە بەیانی کرد بۆیان کە وێنەی خودای تەعالا نیەو خودا لە هیچ شتێ لەم عالەمەدا ناچێت . وە خودا بێ شەریکەو بێ نیازە لە عالەمو ، نەتەوەی پێ ناوێو ، حەزرەتی عوزەیرو عیسای مەسیح ـ د ـ دوو بەندەن لە بەندەکانی خوداو ملیان راکێشاوە بۆ قەزاو قەدەری خوداو ، خودایەتی بۆ ئەوان شیاو نیە ؛ چونکی خودا ئەبێ موحتاجی مەخلووق نەبێو ، بەهەشت مەڵبەندی دوایی موسوڵمانانەو، هەرکەس ئیمانی نەبێ بە خودا یا پێغەمەران، یەکێکیان یا هەموویان . ئەوە ناڕواتە بەهەشتەوە ؛ وە دۆزەخ بۆ کافرانە هەتا هەتایە . وە بۆ ئەهلی سزایە لە موسوڵمانان تا حەقی لەسەر ئەمێنێ . وە بازێ شتیش لەوەی ئەوان جیاوازییان بوە تیایا باسی نەکردوە ، وەکوو مەسەلەی رۆح ، ئەوەتا لێی بێدەنگ بوە .

وە بە راستی قورئان وەسیلەی هیدایەتو شارەزاییە بۆ موسوڵمانان ، وە بە راستی خودای تەعالا حوکم ئەدا لە بەینی بەنیئیسرائیلەکانا بە حوکمی حەقی خۆی ، وە خودا خاوەن عیزەتەو زانایە بە هەموو رازێ .

دەی تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست پاڵو پشت بدەرەوە لەسەر خودای عالەمو . بزانە بە راستی تۆ وای لەسەر حەقی راستو ئاشکرا . وە

گوێ بە کەسی تر مەدە ؛ چونکی ئەو کافرانە وەکوو مردوو وانە بەڵکو بە راستی دڵیان مردوەو نووری حەقی تیا نیە ، وە تۆ بە زاتی خۆت بێ گومان ناتوانی قسەی حەقو دەرزی دین ببەیتە ناو گوێچکەو دڵی مردوەکانەوە • وە هەر وەکو مردوو قسە نابیسێ ئەوانەیش کە گوێچکەیان کەڕە بانگی تۆو دەعوەتی تۆ نابیسن ، بە تایبەتی کاتێ کە پشت هەڵبکەنو هەڵسووڕێنو بڕۆنو ، تۆ لەوانە نیت کە ئینسانە کوێرەکان شارەزا بکەیو دووریان بخەیتەوە لە گومڕایی خۆیان ، بەڵکو تۆ قسە نابەی بە گوێچکەی کەسا ، ئەوانە نەبێ کە ئیمان دێنن بە ئایەتی ئێمەو ئەوانە گوێگرنو سوودەوەرگرن لە ڕێنومایی دین •

(وإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دابَّةً مِنَ الأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ : أَنَّ النَّاسَ كانُوا بِآياتِنا لا يُوقِنُونَ) (٨٢)

وە کاتێ فەرمانی سزادانو قاری خودا هاتە سەر ئەو کافرانە ئەوە لەو کاتەدا لە زەوی (صەفا)دا لە نزیکی (كعبة الله) لە شاری (مەکە)دا حەیوانێ دەرئەکەین کە بە فەرمانی ئێمە دێتە زمانو قسە ئەکا لەگەڵ خەڵکەکەدا کە ئادەمیزادی ئەو ڕۆژە لەوانە بوون کە یەقینو باوەڕیان بەو شتانە نیە کە بە یاسای (خرق العادة) پەیدا ئەبن •

ترمذی ریوایەتی کردوە بە ئیسنادێکی جوان لە ئەبوهورەیرەوە ـ خ ـ لە حەزرەتەوە فەرموویەتی : کۆمەڵێ دائەنیشن لەسەر سفرەی خواردنو وا ئەڵێن بە یەکتر ، واتە لە نزیکی واقیعبوونی قیامەتا حەیوانێك لە زەوی صەفا دەرئەچێ کە لە ریوایەتێکدا هەیە شەصت گەز درێژەو ، ئەو حەیوانە خودای تەعالا کردوویە بە نیشانەیێ بۆ جیاکردنەوەی موسوڵمانو کافر لە زەویدا بەو

عاسایە وا بە دەستیەوە ئەدا لە تەوێڵی موسوڵمانو سپیو رووناکی ئەکاتەوەو
دەرئەکەوێ کە موسوڵمانەو ، ئەدا لە تەوێڵی کافر یا لەسەر لووتیو وەکو داخ
رەشی ئەکاتەوە بە جۆرێ کاتێ کۆمەڵێ لەو خەڵکە لەسەر خوانێ دائەنیشن
بۆ نانخواردن دەرئەکەوێ کامیان موسوڵمانەو کامیان کافرەو ، یەکێ بە
عادەت تیکەیێ یا میوەیێ ئەدا بە دەستی یەکێکەوەو ئەڵێ : وەری بگرە ئەی
موسوڵمان ، یا ئەیدا بە کافرەکەو ئەڵێ : ئەی کافر وەری بگرە • وە بەو
جۆرە بانگ ئەکەن لە یەك • واتە لە بەرچاوی خەڵکی دنیادا راستی
دەرئەکەوێ •

خودا بە ئیحسان بڕوانێ بۆمان
تا راگیر بکەین ئیمانو پەیمان •

(ويَوْمَ نَحْشُرُ مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجاً مِمَّنْ يُكَذِّبُ
بِآيَاتِنا ، فَهُمْ يُوزَعُونَ (٨٣) حَتَّى إذا جاؤُا ، قالَ : أَكَذَّبْتُمْ
بِآيَاتِي ولَمْ تُحِيطُوا بِها عِلْماً ؟ أَمَّاذَا كُنْتُمْ تَعْمَلونَ ؟ (٨٤)
وَوَقَعَ القَوْلُ عَلَيْهِمْ بِما ظَلَمُوا فَهُمْ لاَ يَنْطِقُونَ) (٨٥)

واتە باسی ئەو رۆژە بکە کە لە هەموو گەلێکدا کۆمەڵێ لەوانە حەشر
ئەکەین کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆخستوەتەوە ، جا ئەوانە لە شوێنێکی
تایبەتیدا راگیرئەکەین هەتا هەموویان یەك ئەکەون ، جا کاتێ بە گشتی هاتن
بۆ مەحشەر خودای تەعالا ، یا فەرمانبەرێ ، پێیان ئەفەرموێت : ئایا ئێوە کە
بەرهەڵستی ئایەتەکانی منتان کردو بەدرۆتانخستنەوە لەبەر ئەوە کە لێیان
حاڵی نەبوونو لە مەعناکەیان نەگەیشتبوون ، یا خود چیتان ئەکرد؟ واتە هەر

بە هەوای نەفسی موعارەزەتان ئەکردو ئەیشتانزانی کە ئەو ئایەتانە راستن، جا فەرمان بە سزایان دەرچو بە هۆی ئەو ستەمکاریەوە کە بوویان لە دنیادا، ئیتر قسە ناکەن لە مەحشەرا لەبەر شەرمەساری •

(اَلَمْ يَرَوْا اَنَّا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِراً ؟ إِنَّ فِي ذلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (٨٦)

بۆچی ئەم ئادەمیزادە ئەوەندە بێ ئاگایە لە حەقیقەتو ، بۆچی ئاثار ناکا بە دەلیل لەسەر (مؤثر)ێکی زیندووی زانای تەوانا ؟ وە بۆچی ئینکاری ئیمکانی زیندوبوونەوەی خۆی ئەکا بۆ جەزاو بە حیکایەتو ئەفسانەی پێشینانی دائەنێ ؟ ئایا نابینن کە ئێمە تەکانو سوورئەدەین بە زەوی بە دەوری خۆیا هەتا رۆژی رووناك لە نیوەی ئاوا بێو کاتێ بێنینە پێشەوە بۆ ئەو ئادەمیزادانە کە بە کاسبیو کارکردن ماندوبوون ئارام بگرن لە شوێنی خۆیانا ، هەروەها لەسەر یاسای پێشوو زەوی سوور ئەدەین هەتا دووبارە رۆژی لێدەربکەوێو رۆژ بێنینە پێشەوە بە چاوکراوەیی‌و بینندەیی بۆ مەوادو ئەشباح •

بە راستی لەم دەرکردنی شەوو رۆژەدا بەم جۆرە گەلێ نیشانەی گەورە هەن لە سەر وجوودی خودای (واجب الوجود) وە لەسەر ئەوە کە ئەم عالەمی ئاسمانو زەویەو هەرچی وا تیایانا هەمووی دروستکراوی خودایە • وە ئەو خودایە کە ئەم شتانە ئەکا ئەیشتوانێ لە پاش مردن ئینسان زیندوبکاتەوەو حسێبیان لەگەڵدا بکا •

(ويَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ
وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَن شَاءَ اللهُ ، وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ (٨٧)
وَتَرَى الجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً ، وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ ،
صُنْعَ اللهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا
تَفْعَلُونَ) (٨٨)

باسی ئەو رۆژە بکە کە لە لایەنی فریشتەی تایبەتییەوە فوو ئەکرێ بە (صوور) ا لە ئەثەری ئەو فووپیاکردنەوە هەرکەسێ وا لە ئاسمانو لە زەویدا دڵیان ئەترسێ کەسێ نەبێ خودا مەیلی وەهابێ کە دڵی نەترسێو ، هەموویان حازر ئەبن بۆ ئەوە بڕۆن بۆ شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك بۆ حسێبو. دوای فووکردنی دوەم بە (صوور) ا هەموو بە کزیو داماوی ئەڕۆن •

وە لەو کاتی ترسو بیمەدا کێوەکان ئەبینی گومانیان وەها پێئەبەی کە ئارامو بێجوولەن ، کەچی ئەوان وەستاو نینو ئەڕۆنو رێئەکەن وەك هەور چۆن ئەڕوا . ئەمەیش هەر کاری ئەو خودایە کە هەموو شتێکی بە پوختەییو سازگاری دروستکردوە ، جا بە راستی ئەو خودایە کە بە فووێ ئەم کارەساتە بکاو نیشانی ئێوەی بدا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن •

(مَنْ جَاءَ بِالحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا ، وَهُمْ مِنْ فَزَعٍ
يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ (٨٩) وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ
فِي النَّارِ ، هَلْ تُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٩٠)

جا پاش ئەوە کە فریشتەی جەلیل ئیسرافیل فووی کرد بە صوراو ، جیهانی تێکداو ، گیانلەبەرانی مراندو ، پاش ئەوە فوویێ تری کردەوە بە صوراو ، گیاندارانی زیندوکردەوە بۆ حسێبو لێی خوڕین بۆ مەحشەر .. هەرکەسێ بە کردەوەو بیرو باوەڕی باشەوە بێت بۆ لای خودا ئەوە خودا لەسەر ئەو کردەوەو باوەڕە باشە پاداشی باشترو چاکتری پێ ئەدا ، لە باتی ماڵێکی کەم پاداشێکی زۆرو لە باتی دانەیێ حەوصەد دانە وەرئەگرێ . وە هەرکەسێ بە کوڵو باری کردەوەی خراپەوە بێت بۆ لای خودا ئەوە لەپەوڕوو ئەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو پێیان ئەوترێ : ئایا ئەم پاداشو تۆڵە کە ئەدرێتەوە بە ئێوە سەربەسەرو رێك حەقی خۆتان نیەو شیاوی نین‌و پڕ بە پێستی کارەکاتتان نیە ؟

(إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا، وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ ، وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٩١) وَأَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ ، فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ، وَمَنْ ضَلَّ فَقُلْ : إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنْذِرِينَ (٩٢) وَقُلِ : الْحَمْدُ لِلَّهِ ، سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا ، وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) (٩٣) .

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ ئەوەی پێویستی سەرشانت بو کردت بە بێ درێغی ، ئەمجار بڵێ : من هەر ئەمری ئەوەم پێکراوە کە بەندەیی بکەم بۆ خوداو پەروەردگاری ئەم شاری مەکەیە ، ئەو خودایە کە ئەو شارەی حەرامکردوەو دەستی دەسدرێژانو پیاوخراپانی لێ بڕیوەو ، مەنعی کاری

ناموناسبی لێکردوە ، وە فەرمانم پێدراوە کە لە موسوڵمانەکان بم‌و قورئان بخوێنم ، جائیتر هەرکەس هیدایەتدراو بێ بەشی ماریفەتی خوداو پێغەمەرو واجباتی خۆی وەرئەگرێ ئەوە هیدایەتەکەی بۆ خۆیەتی‌و ســــوودی بۆ خۆیەتی ، وە هەرکەسیش گومڕا ئەبێ تۆ ئەوەندە بڵێ : کە من هەر لەوانەم کە خەڵکی بترسێنم لە سزای خوداو بڵێ : هەرچی سوپاس‌و ستایشە بــۆ خودایە ، لەمەولا خودا ئایەتی مەعریفەتی خۆی‌و پەی‌بردن بە واجبات‌و باقی ئەحکامتان ئەخاتە پێش‌چاو ، وە ئێوەیش ئەو ئایەتانە ئەزانن‌و خودا لەوە بێ ئاگا نیە کە ئێوە ئەیکەن •

سووره‌تی (قصص) مه‌کی‌یه له ئایه‌تی ٥٢ وه‌وه‌تا ٥٥ و ئایه‌تی ٨٥ نه‌بێ ئه‌وانه مه‌ده‌نین ، ٨٨ ئایه‌ته دوای سووره‌تي (نه‌مل) هاتوه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(طسم) (١)

ئه‌م سووره‌ته ناوی طاسین‌میمه •

(تِلْكَ آياتُ الكِتابِ المُبينِ) (٢)

ئه‌م سووره‌ته‌و ئایه‌ته پیرۆزه‌كانی چه‌ن ئایه‌تێكی قورئانی دڵڕووناككه‌ری یاسای خودا ده‌رخه‌رن • هه‌موو ژیرێ له‌وه ئه‌گه‌یێ كه هێز هێزی خودایه‌و هه‌ر ئه‌وه په‌روه‌ردگارو خاوه‌نی دنیایه‌و ، سوپاو هه‌یبه‌ت‌و هه‌یئه‌تی خاوه‌ن ده‌ستان به‌سته‌ی پڕته‌وی خواستی خودای تاق‌و ته‌نیایه كه ئه‌توانێ خاوه‌ن ده‌ست بێ‌ده‌س بكاو ، كه‌سدار بێ‌كه‌س بكاو ، خاوه‌ن هه‌ناسه ته‌نگه‌نه‌فه‌س بكاو ، دارا نه‌دارا بكاو نه‌داراكان دارا بكا •

(نَتْلُو علَيْكَ مِنْ نَبَأِ موسى وفِرْعَوْنَ بِالْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (٣)

لەسەر زمانی فریشتەی ئەمینی بارەگا ئەخوێنینەوە بەسەر تۆدا بازێ لە بەسەرهاتو برێ کارەسات کە بەسەر موسای رەهبەری ئایینیو فیرعەونی بێدادی نامیهرەباندا هات ، بە شێوەی راستی بۆ گەلێ کە ئیمانیان بـــە خودای تاکی بێ باك هەیە •

(إنَّ فِرْعَوْنَ عَلا فِي الأَرْضِ ، وجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعاً ؛ يَسْتَضْعِفُ طائِفَةً مِنْهُمْ : يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ ، ويَسْتَحِي نِساءَهُمْ ، إنَّهُ كانَ مِنَ المُفْسِدِينَ) (٤)

بە راســـتی فیرعەون پادشای وڵاتی میصر لە زەویدا بەرز بوەوەو دەستەڵاتی بێبەرەنگاری بو بەسەر گەورەو بچووکی وڵاتەکەدا ، وە خەڵکی وڵاتەکەی کردبوو بە چەند بەشێکەوە : بەشێکیان نزیکانی بارەگاو ، بەشێك راوێژکەران بۆ خزمەتی وڵاتو ، بەشی سوپاییو ، بەشی ئایینیو ، بەشی بێگانەی نیشتەجێ لە وڵاتا ••• وە لە هەمانکاتا تاقمێ بێگانە کە نەتەوەی ئیسرائیل بوونو لە میصرا مابوونەوە زۆر لاوازی کـــردبوونو نرخی بۆ نەهێشتبوونەوەو لە بەندەی کارەکەر زیاتر سووکی کردبوون ، بێجگـــە لەوانەیش لەسەر خەیاڵی خۆی کاتێ ژنی بەنیئیسرائیل منداڵیان ئەبو ئەگەر نێرینە بوایە زووبەزوو فەرمانی ئەدا لە بەر دایکەکەیان هەڵئـــەگرتو سەریانئەبڕی ، وە ئەگەر مێینە بوایە ئەیهێشتەوە ؛ چونکی ئەستێرەناسەکان پێیان وتبوو : منداڵێ لە بەنیئیسرائیل پەیدا ئەبێ بە هۆی ئەوەوە تۆ لەناو

ئەچی • بە راستی فیرعەون لە پیاوە بەدکارەکان بوو، لەوانە بو لە دنیادا داماوانیان چەوسانەوە •

(ونُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ على الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الأَرْضِ ، ونَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً ونَجْعَلَهُمُ الوَارِثِينَ (٥) ونُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الأَرْضِ ، ونُرِيَ فِرْعَوْنَ وهامانَ وجُنودَهُما مِنْهُمْ ما كانُوا يَحذَرونَ) (٦)

وە ئەمانەوێ فەزڵو میهرەبانی خۆمان برێژین بەسەر ئەو کەسانەدا کە زەعیفو داماوکراون لە زەویدا ــ واتە بەنیئیسرائیل لە خاکی میصردا یــا چەوساوەو داماوانی هەموو چەرخێ لە موســوڵمانان ــو رزگاریان بکەین لە ستەمکاری فیرعەونو دەستەو بەستەکەی ، وە بێجگە لەوە بیانکەین بە پێشەوای گەلی بەنیئیسرائیلو غەیری ئەوانیش لە ئاییناو ، بیانکەین بــە میراتبەری پایەی رەهبەری ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووبو میراتبــەری سەرۆکی دنیایی لە گەلی قیبطیەوەو بیانکەین بە خاوەن جێگەو رێگە لــە زەویدا ، چ لە شاماو چ لە میصراو ، بخەینە پێش‌چاوی فیرعەونو هامــانو باقی پیاوە بەرزە سوپاییەکان لە لایەنی بەنیئیسرائیلەوە ئەوەی کە فیرعەونو دەستەکەی لێی‌ئەترسانو خۆیان لێ ئەپاراست وەکو فەوتانی دەستەڵاتو دارایی‌و پایەی دنیایی بێ •

(وأَوْحَيْنا إلى أُمِّ مُوسى : أَنْ أَرْضِعِيهِ ، فَإذا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي اليَمِّ ، ولا تَخافِي ولا تَحْزَنِي ، إنَّا رادُّوهُ إلَيْكِ وجاعِلُوهُ مِنَ المُرْسَلِينَ) (٧)

جا بە شێوەی ئیلهام دایکی موسامان تێگەیاندو پێمانوت : کە لەسەر یاسای واقیعی شیر بدە بە موسای کوڕتو پەروەردەی بکـــە ، بەڵام صندووقێ ئامادە بکە بۆ ئەوە موسای تێبخەیو هەر کاتێ ترست لێ نیشت کە دەستەی فیرعەون پێیان زانیوە •• موسا بخەرە ناو سندووقەکەوەو بیدە بە دەم ئاوی دەریای نیلەوەو هیچ ترسی ئەوەت نەبێ زایە بێو ، دڵگرانیش مەبە لەوەی لێت دووربکەوێتەوە، ئێمە ئەیگەڕێنینەوە بۆ لای خۆتو باوەشی خۆتو پەروەردەی ئەکەیو دواییش ئەیکەین بە یەکێ لە پێغەمەرە گەورە رەوانەکراوەکانی جیهان •

ریوایەتکراوە : کاتێ دایکی موسا تووشی ژانی منداڵبوون بوو ناردی بە شوێن مامانێکا لەو ژنانە کە مەئموور بوون بۆ ســـەر ژنانی بەنیئیسرائیل ، ئەویش هات بۆ لایو سەرپەرشتی کردو ، لە لای بو تـا موسای بو ، کاتێ ئەو مامانە تەماشای کرد کە موسا لە دایکی داکەوت لـە ناوچاوانیا رووناکیو پڕتەوێکی ئاشکرا هەبوو ، خۆشەویستی موسا کەوتە دڵیەوە ، جا وتی بە دایکی موسا : خەفەتی بۆ مەخۆ نایەڵم کەس باسی ئەم منداڵە بکا لە ماڵی فیرعەونا ، وە لەسەر ئەم ئەساسە دایکی موسا ماوەی سێ مانگ شیری داییو ، پاش ئەوە دەستەی فیرعەون کەوتنە پشکنینو گەڕان بە شوێن منداڵی نێرینەدا بە جۆرێ کە دایکی موسا ترسی لێ نیشت ، جا هات موسای خستە ناو سندووقەکەوەو خستیە ناو ئاوی نیلەوەو ئـاو بردی •

(فالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ ، لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وحَزَناً ، إنَّ فِرْعَوْنَ وهامانَ وجُنودَهُما كانُوا خاطِئِينَ) (٨)

جا کاتێ ئاوی نیل ئه‌و سندووقه‌ی هێناو لای دا بۆ به‌رده‌رگای ماڵی فیرعه‌ون ، ده‌سته‌و به‌سته‌ی فیرعه‌ون چاویان که‌وت به‌و سندووقه‌و رۆیشتن ده‌ریان هێنا ، بۆ ئه‌وه که له ئه‌نجاما موسا ببێ به دوژمنیانو بـــه هۆی دڵگرانییان ، به راستی فیرعه‌ونو هامانی وه‌زیریو سوپاکه‌ی هه‌موویان به‌هه‌ڵه‌دا چوون له‌و کاره نابارانه‌دا که له‌گه‌ڵ به‌نیئیسرائیلدا کردیان ، وه له‌و ده‌سدرێژیو زیاده‌ڕه‌ویه‌دا که به‌سه‌ر گه‌لی ژێرده‌سته‌ی خۆیانا کردیان، وه له سه‌ربڕینی چه‌نها منداڵی بێ‌تاوانی بێ‌زماندا ، که وابو دوور نیه ئه‌م هه‌ڵه‌یش بکه‌ن که موسا له ئاوی نیل ده‌ربێننو به‌خێوی بکه‌ن بۆ ئه‌وه لـــه ئه‌نجاما له‌ناویان به‌رێ .

(وقالَتِ امْرَأَةُ فِرْعَوْنَ : قُرَّةُ عَيْنٍ لِي ولَكَ ، لا تَقْتُلوهُ ، عَسى أنْ يَنْفَعَنَا أوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً ، وهُمْ لا يَشْعُرونَ) (٩)

پاش ئه‌وه سندووقه‌که‌یان له ده‌ریا ده‌رهێنا بردیان بۆ باره‌گاو ژنو منداڵی ماڵی فیرعه‌ون هه‌موو موسایان دیو . ئاسیه‌ی ژنی فیرعه‌ون کـــه ته‌ماشای موسای کردو دیمه‌نێکی زۆر شیرینی نوورانی بوو وتی به فیرعه‌ون: ئه‌م منداڵه هۆی دڵخۆشیو شادمانی ئێمه‌یه‌و فێنکی چاومانه ، مه‌یکوژن ، له‌وانه‌یه که گه‌وره بو له باره‌گادا سوودمان پێ بگه‌یه‌نێ به خزمه‌تکردن، یا هه‌ر بیکه‌ین به منداڵێکی خۆشه‌ویست ، وه ئه‌وان به‌وه‌یان نه‌ده‌زانی کـــه مانه‌وه‌ی موسا ئه‌بێ به هۆی نه‌مانی ئه‌وان .

(وأَصْبَحَ فُؤادُ أُمِّ مُوسى فارِغاً ، إنْ كادَتْ لَتُبْدِي بِهِ ، لَوْلا أنْ رَبَطْنَا عَلى قَلْبِها لِتَكُونَ مِنَ المُؤْمِنِينَ) (١٠)

وە کاتێ کە دایکی موسا ئەم دەنگوباسەی ماڵی فیرعەونی بیست کە بڕیاردراوە ئەو منداڵە بەخێوبکرێو ئازار نەدرێ ، دڵی دایکی موسا وەها خاڵی بو لە غەمو پەژارە لەوانە بو راستی باسی موسا بدرکێنێو بڵێ ئـەوە کوڕی منە ، ئەگەر دڵمان نەگرتایێ بە ئەنواری ئیلهام بۆ ئـەوە لـە موسوڵمانەکان بژمێررێو بزانێ کە وەعدەی خودا بە گەڕاندنەوەی موسا بۆ لای دایکی راستە •

وە بازێ وتوویانە مانای وایە : هەر بەوە کە دایکی موسا بیستی کە موسا لە سندووقەکەدا کەوتە دەستی مەئموورەکانی فیرعەون ئەوەندە ترسا دڵی خاڵی بووەوە لە هەموو هۆشو هەستێو ، نزیك بو شێت ببێو ، ئەگەر ئێمە دڵمان نەگرتایەو هێزمان نەدایە بە دڵی خورپە لێکەوتووی لەوانە بو هەموو شتێ بدرکێنێ •

(وقالَتْ لِأُخْتِهِ : قُصِّيهِ ، فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ ، وهُمْ لا يَشْعُرونَ (١١) وحَرَّمْنَا عَلَيْهِ المَراضِعَ مِنْ قَبْلُ ، فَقالَتْ : هَلْ ادُلُّكُمْ على اَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلونَهُ لَكُمْ وهُمْ لَهُ ناصِحُونَ ؟ (١٢) فرَدَدْناهُ إلى اُمِّهِ ، كَيْ تَقَرَّ عَيْنُها ولا تَحْزَنَ ، ولِتَعْلَمَ اَنَّ وعْدَ اللهِ حَقٌّ ، ولكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ) (١٣)

وە دایکی موسا فەرمووی بە مەریەمی خوشکی موسا : بڕۆ بکەوەرە شوێنیو بزانە چی بەسەر دێو بۆ کوێ ئەچێ ، ئەویش رۆیشت بۆ نزیکی بارەگای فیرعەونو لە دوورەوە موسای بینی ، کۆمەڵی بارەگای فیرعەونیش نەیانئەزانی کە ئەو ژنە خوشکی موسایەو بۆ ئەوە هاتوە بزانێ موسا چی بەسەر دێ •

وه بۆ ئه‌وه كه ماڵی فیرعه‌ون ناچار بین كه موسا بنێرنه‌وه بۆ لای دایكیو خۆیشیان نه‌زانن موسامان مه‌نع كرد له‌وه مه‌مكی ژنــه دایه‌نه‌كان بگرێ له پێش ئه‌وه‌دا كه خوشكه‌كه‌ی بێت به شوێنیا ، كاتێ خوشكه‌كه‌ی هاتو دی موسا ئه‌گریو مه‌مكی هیچ ژنێ ناگرێ پێی وتن : ئایا ئه‌تانه‌وێ من ماڵێكتــان پێ بڵێم موســاتان بۆ به‌خێوبكــه‌ن بــه ئه‌مینیو له هه‌موو باره‌یه‌كه‌وه به باشی چاودێری بكه‌ن ؟ ئه‌وانیش به‌و قسه رازی بوونو ، مه‌ریه‌م چوو دایكی هێناو موسای وه‌رگرت • به‌م شێوه موسامان گه‌ڕانه‌وه بۆ لای دایكی بۆ ئه‌وه چاوی رووناك ببێته‌وه‌و دڵگران نه‌بێ بـــه هۆی دووری موسای كوڕیه‌وه‌و ، با باش تێبگا كه به‌ڵێنی خودا راسته‌و بۆ ئه‌نجام حه‌ق سه‌رئه‌كه‌وێ به‌سه‌ر ناحه‌قا ، به‌ڵام زۆربه‌ی خه‌ڵك ئه‌مه نازانن •

(وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَاسْتَوَى آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً ، وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ) (١٤)

جا هه‌روا موسا له لای دایكی به سیفه‌تی منداڵی لای دایه‌ن مایه‌وه‌و ماڵی فیرعه‌ون چاودێری خۆیو دایكیان ئه‌كرد ، وه كاتێ ته‌میزی په‌یدا كرد هاته‌وه بۆ ده‌ربارو له باره‌گادا له‌گه‌ڵ رێزدا مایه‌وه‌و ، كاتێ گه‌یشته ته‌مه‌نی بلووغو هاته سه‌ر راسته‌ی له‌شو هۆشیاری دڵ گه‌یانمان بــه حوزووری یه‌كێ له پێغه‌مه‌ران ، وه له پاش ئه‌وه كه ماوه‌یه‌كیش له لای ئه‌و مایـــه‌وه فه‌رمانی ره‌هبه‌ریسان پێداو ، زانیاریو كارو باری خۆیو ئیــداره‌ی په‌یڕه‌وانمان پێداو ، كردمان به پیاوێ كه باره‌گای ســـته‌می فیرعه‌ونی رووخاندو ، هه‌ر به‌م جۆره پاداشی چاكانو چاكه‌كه‌ران ئه‌ده‌ینه‌وه •

(ودَخَلَ المَدِينَةَ على حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أهْلِها ، فَوَجَدَ رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلانِ : هذا مِنْ شيعَتِهِ ، وهذا مِنْ عَدُوِّهِ ، فاسْتَغاثَهُ الّذي مِنْ شيعَتِهِ على الّذي مِنْ عَدُوِّهِ ، فَوَكَزَهُ موسى ، فَقَضَى عليْهِ ! قالَ : هذا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطانِ ، إنّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ) (١٥)

رۆژێ موسا لە کۆشكو بارەگای فیرعەون دەرچوو رووی کردە شاری میصرو رۆیشتە ناو شارەوە ، لە کاتێکدا کە ئەهلەکەی بێئاگا بوون لە کارەساتی ناوشار لە بەر ئەوە وەختەکەی وەختی نوستنی پاش نیوەڕۆ بو، وە یاخود بەینی مەغریبو عیشا بوو ، خەڵك لەو کاتەدا وان لە ماڵو شوێنی خۆیاناو ئاگاداری رووداو نین ، ئەگەرنا مادام قیبطیەکان بە موسایان بزانیایێ کە قیبتیەکەی کوشت پارچە پارچەیان ئەکرد .

موسا لەو کاتەدا دوو کەسی دی چووبوون بە گژ یەکاو شەڕیان بوو ؛ یەکێکیان لە کۆمەڵی موسا بو لە بەنیئیسرائیلو ، ئەوەکەیان لە کۆمەڵی دوژمن بوون ، واتە لە قیبتیەکان بوو ، وە ئەو پیاوەیان کە لە تاقمەکەی خۆی بوو هاواری کردو داوای یارمەتی لە موسا کرد لە دژی کابرای دوژمنی ،جا موسا رۆیشت مشتەکۆڵەیەکی دا بە سنگی کابرای قیبتیداو کوشتی ! جا موسا بیری کردەوەو فەرمووی : ئەم کردەوەیە من کردم لە کردەوەی شەیتان بو ، بە راستی شەیتان دوژمنو ئینسانگومڕاکەرێکی ئاشکرایە .

(قالَ : رَبِّ إنّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ، فاغْفِرْ لِي ، فَغَفَرَ لَهُ ، إنّهُ هُوَ الغَفُورُ الرَّحِيمُ) (١٦)

پاش ئەوە موسا ئەو کارەی لە دەس دەرچو بیری کردەوەو بە کارێکی ناموناسبی هاتەپێش چاوو فەرمووی : پەروەردگارا بە راستی من ستەمم لە خۆم کرد بە کوشتنی ئەو کافرە قیبتیە، چونکە داعی نەبو بۆ کوشتنەکەی، دە بە رەحمەتی خۆت لێم خۆش ببە . جا خودای تەعالا لێی خۆش بو ، بە راستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

وە ئەو عەفوی خودایە بۆ موسا دەرکەوت بە ئیلهام یا بە خەودیتن ؛ چونکی لەو کاتانەدا هێشتا وەحی بۆ نەهاتبوو . هەتا بە وەحی ئەو عەفوە بزانێ •

(قَالَ : رَبِّ بِمَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيراً لِلْمُجْرِمِينَ) (١٧)

جا حەزرەتی موسا فەرمووی : پەروەردگارا بە هۆی ئەو نیعمەتەوە کە داوتە پێم وەکو عەفو بێ لە تاوانی کوشتنی ئەو قیبتیە ئیتر هەرگیز نابم بە پشت‌و پەناو یارمەتیدەر بۆ تاوانباران •

بزانن ! ئەو کوشتنەی قیبتیەکە موناقی نیە بۆ ئەوە کە پێغەمەران (معصوم)ن لە گوناە لە پێش پێغەمەرێتی‌و دوای پێغەمەرێتیدا ؛ چونکی حەزرەتی موسا ئەو کردەوەیە بە تاوان نەزانی لەبەر ئەوە کە کابرای قیبتی بە ستەمکار ئەزانی‌و ، ئەمیش ویستی ئەو ستەمە لە کابرای داماو لابا ؛ وە (دفع الصائل) لە هەموو شەریعەتێکا دروستە ؛ لە لایێ تریشەوە حەزرەتی موسا بە مشتەکۆڵە دایلە کابراو مشتەکۆڵە هۆی کوشتنی ئینسانێکی زەلام نیەو بە قەزاو قەدەر ئەو کابرایە بەو مشتەکۆڵە مرد ؛ کە وابێ ئەو کارە بە

(خطأ) دائەنرێ ، بێجگە لەمانە ئەگەر تەماشای باقیاتی شەریعەتی ابراهیم بکەین ـ د ـ قیبتیەکان نیسبەت بە ئوممەتی بەنیئیسرائیل دوژمن بوون ، وە رەوا بوە بۆ ئیسرائیلیەکان بە هەر جۆرێ ئاسان بێ بۆیان زیان بگەیەنن بە کۆمەڵی قیبتی • کە وابو هەر ئەوە ماوەتەوە کە شێوەی کردەوەکە ناپەسەندو ناشیرین بوەو لە شێوەدا لە کاری تاوانباران بوە ، بۆیە حەزرەتی موسا بەو کارە زۆر تێکچوە •

(فَأَصْبَحَ فِي الْمَدِينَةِ خَائِفاً يَتَرَقَّبُ ، فَإِذَا الَّذِي اسْتَنْصَرَهُ بِالأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُ ، قَالَ لَهُ موسى : إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُبِينٌ) (١٨)

جا لەبەر ئەوە لە پاش مردنی کابرای قیبتی دەنگوباس بڵاوبوەوە کە موسا پیاوێکی قیبتی کوشت ، حەزرەتی موسا وەزعی ژیواری گۆڕاو بە ترس و لەرزەوە لەشارا ئەگەڕا ، هەتا گەیشتەوە ناو شار تەماشای کرد ئەو پیاوە کە دوێنێ داوای یارمەتی لێ کردبو دووبارە بانگی کردەوە بۆ یارمەتیدان دژی قیبتیەکی تر ! جا موسا بەو کابرایە فەرموو : بە راستی تۆ ئینسانێکی گومڕای ئاشکرایت !

(فَلَمَّا أَنْ أَرَادَ أَنْ يَبْطِشَ بِالَّذِي هُوَ عَدُوٌّ لَهُمَا قَالَ: يا مُوسى أَتُرِيدُ أَنْ تَقْتُلَنِي كَمَا قَتَلْتَ نَفْساً بِالأَمْسِ ؟! إِنْ تُرِيدُ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ جَبَّاراً فِي الأَرْضِ ، وما تُرِيدُ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْمُصْلِحِينَ) (١٩)

لەگەڵ ئەوەدا کە تۆزێ لە کابرای بەنی ئیسرائیل توورە بو ، پاش ئەوە کە چاوی پێی کەوت زۆر داماوەو دەرەقەتی کابرای قیبتی نایێ هاتەوە سەر بیری یارمەتیدانی کابرای بەنی ئیسرائیلیو ، ویستی یارمەتی بدا ، جا کاتێ ویستی کە هەڵمەت بەرێ بۆ کابرای کە دوژمنی هەردوو لایانە ، ئەو کابرایە وتی : ئەی موسا ئایا ئەتەوێ منیش بکوژی وەکو چۆن دوێنێ کابرایەکت کوشت ؟! بە راستی ئەتەوێ ببێ بە کابرایەکی زۆردارو ناتەوێ لە چاکانو ئامۆژگاریکەران بی •

(وجاءَ رَجُلٌ مِنْ أقْصى المَدِينَةِ يَسْعى ، قالَ : يا مُوسى إنَّ المَلأَ يأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلوكَ . فاخْرُجْ إنّي لَكَ مِنَ النّاصِحينَ) (٢٠)

واتە لە لای سەرووی شارەوە پیاوێ بە پەلە هات بۆ لای موساو وتی : ئەی موسا کۆمەڵی بارەگا خەریکی راوێژن دەربارەی تۆو ئەیانەوێ بتکوژن، حا تا زوە لەم شارە دەرچۆ با نەتگرنو نەتکوژن ، من بــــە دڵسۆزییەوە ئامۆژگاریت ئەکەم •

واتە پاش ئەوە کە موسا ــد ــ کابرای قیبتی کوشت ، ئەو دەنگوباسە گەیەنرا بە بارەگای فیرعەونو ، ئەوانیش کەوتنە لێکۆڵینەوەو ، بۆیــــان دەرکەوت ئەم کورە لەو بەنی ئیسرائیلییەیەو هەر کاتێ بۆی هــــەڵکەوێ زیانیان لێ ئەدا ، کە واتە پێویستە لەناوببرێ • ئەو پیاوەیش کە خۆی گەیاندە موساو هەواڵی دایێ یەکێ لە پەیوەندانی فیرعەون بو ، بەڵام خاوەن ئیمان بوو ، باوەڕی بە خودا هەبو ، چونکە لە زەمانی حەزرەتی یوسفەوە ئایینی

یەهوودی لە میصردا دامەزرابوو ، یەکە یەکەیێ لە قیبتیەکانیش موسوڵمان بوونو لەگەڵ بەنیئیسرائیلیەکان بوونو ئەم پیاوە یەکێ لەوانە بوو •

(فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفاً يَتَرَقَّبُ قَالَ : رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) (٢١)

جا حەزرەتی موسا بە ترسەوە لە شاری میصر دەرچوو ، چاوەڕێی ئەوەی ئەکرد کە پیاوانی فیرعەون پێیبگەنو بیگرن ، هاواری کرد وتی : پەروەردگارا رزگارم بکە لەو گەلە ستەمکارە •

(وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَاءَ مَدْيَنَ ، قَالَ : عَسَى رَبِّي أَنْ يَهْدِيَنِي سَوَاءَ السَّبِيلِ) (٢٢)

وە کاتێ لە میصر دەرچوو بڕیاری دا کە لە وڵاتی فیرعەون دەرچێو روو بکاتە خاکی کەنعانو شاری (مدين) ، کاتێ ڕووی‌کردە خاکی مەدیەن وتی : هیوام وایە بە خودای خۆم کە شارەزام بکا بۆ ڕێگەیەکی راستی وەها لەسەری بڕۆمو دوژمنەکان پێمنەگەنو پێمنەزانن هەتا پەنایێ بۆ خۆم ئەدۆزمەوە •

(وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِنَ النَّاسِ يَسْقُونَ ، وَوَجَدَ مِنْ دُونِهِمُ امْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ ، قَالَ : مَا خَطْبُكُمَا ؟ قَالَتَا : لاَ نَسْقِي حَتَّى يُصْدِرَ الرِّعَاءُ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ (٢٣) فَسَقَى لَهُمَا ، ثُمَّ تَوَلَّى إِلَى الظِّلِّ ، فَقَالَ : رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنْزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ) (٢٤)

کاتێ موسا لە وڵاتی میصر دەرچو چوە وڵاتی مەدیەن‌و گەیشتە ئەو ئاوو بیرە کە خەڵکی مەدیەن ئاویان لێ‌هەڵەیەنجا بۆ حەیواناتیان، دی کۆمەڵێ خەڵك لەوێدا ئاژەڵیان ئاو دەداو ، بینی دوو ئافرەت وان لە خوار ئەوانەوەو خۆیان ئەگرنەدواوەو ئەوەستن تا خەڵکەکە لێ‌ئەبنەوە ئەوسا ئەمان ئەچن بە شێنەیی رانەکەیان ئاو ئەدەن ، جا موسا لێی پرسین : ئیشتان چییەو چی ئەکەن لێرەدا ؟ ئەوانیش وتیان : ئێمە هاتووین رانەکەمان ئاو بدەین ، بەڵام ئاویان نادەین هەتا خەڵکەکە رانی خۆیان ئاو ئەدەن‌و لێ‌ئەبنەوە ، ئەوسا ئێمەیش گەلەی خۆمان ئاو ئەدەین ، وە لەبەر ئەوە ئێمە هاتووین بۆ ئەم شوێنە ؛ چونکی کەس نیە ئیشمان بۆ بکاو باوکیشمان پیاوێکی پیرو بێ‌دەستەڵاتەو ناتوانێ ئەم کارانە بکات •

جا موسا رۆیشت مەردانە گەلەکەی بۆ ئاودان ، پاش ئەوە چوو بۆ بن سێبەری دارێ کە لەو جێگەدا بوو ، لە خودا پاڕایەوەو وتی : پەروەردگارا من نیازمەندو موحتاجم بۆ هەر جۆرە خێرێ تۆ بۆم بنێری ، واتە نە کەس ئەناسم‌و نە خزم‌و برادەرو ماڵ‌و داراییم هەیەو ، لە تۆ زیاتر کەس شك نابەم‌و تۆیش خۆت‌و میهرەبانیی خۆت !

﴿ فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا ، تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاءٍ ، وَقَالَتْ : إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا ، فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ ، قَالَ : لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾ (٢٥)

زۆری پێ نەچوو یەکێ لە دوو کچەکە ــ کە کچی حەزرەتی شوعەیب بوون ــ بە شەرمەوە هات بۆ لای‌و وتی : باوکم بانگت ئەکات بۆ ئــەوە

پاداشی ئەرکی ئاودانی ئاژەڵەکەی ئێمەت بداتەوە ، ئەویش هەستاو ڕۆیشت بۆ لای باوکیان کە حەزرەتی شوعەیب بوو ، کاتێ بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە حەزرەتی شوعەیب فەرمووی : مەترسە رزگاربووی لەو گەلە ستەمکارە • واتە لە فیرعەون‌و دەستەو بەستەکەی •

(قالَتْ إحدَاهُما : يا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ ، إنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ القَوِيُّ الأَمِينُ) (٢٦)

جا یەکێ لە کچەکان ــ ئەوەیان کە ڕۆیشت بانگی کرد ــ وتی : بابە گیان ئەم کوڕە بە کرێ بگرە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکەمان ، بە راستی باشترین کەسێ کە بە کرێی بگری ئەو کەسەیە کە خاوەن هێزە بۆ کارکردن‌و هێمن بێ لەسەر حاڵ‌و ماڵ •

ئەم کچە کاتێ چاوی کەوت بە موسا کە بە تاقی تەنیا بەردی سەر بیرەکەی بەرزکردەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو خەڵکە بە چەن کەسێ هەڵیان‌ئەگرت تێگەیی کە موسا زۆر بە هێزە ، وە لەو کاتەدا کە لەگەڵیا ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە بۆ خزمەتی باوکی ، تەماشای کرد موسا کەوتەپێشەوەو تەماشای ئەوی نەدەکرد ، تێگەیی کە پیاوێکی هێمن‌و بە نامووسە •

(قالَ : إنِّي أُرِيدُ أنْ أُنكِحَكَ إحدى ابْنَتَيَّ هاتَيْنِ ، على أنْ تَأْجُرَنِي ثَمانِيَ حِجَجٍ ، فَإنْ أَتْمَمْتَ عَشْراً فَمِنْ عِنْدِكَ ، وما أُرِيدُ أنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ ، سَتَجِدُنِي إنْ شاءَ اللهُ مِنَ الصَّالِحِينَ (٢٧) قالَ : ذلِكَ بَيْنِي وبَيْنَكَ ، أَيَّما الأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلا عُدْوانَ عَلَيَّ ، واللهُ عَلى ما نَقُولُ وَكِيلٌ) (٢٨

حەزرەتی شوعەیب فەرمووی بە موسا : ئەمەوێ یەکێ لەو دوو کچەت لێ مارە بکەم بە مەرجی ئەوە هەشت ساڵ کارم بۆ بکەیو ئەرکی ئاژەڵو ماڵەکەم بەری بەڕێوە ، واتە هەشت ساڵ رەنجبەرم بی ، ئەگەر هەشتەکەیشت کرد بە دە ئەوە پیاوەتی خۆتەو کارێکی ئینسانانەیە ئەیکەی لەگەڵماو ، من زۆرت لێ ناکەمو نامەوێ زەحمەتت بدەم بە تەواوکردنی دە ساڵ ، یا زەحمەتت نادەم لە دەرچوونو دەرنەچوونت لەگەڵ ئاژەڵەکەدا ، یا لە رەسایی کارو کردەوەی تۆدا ، وە ئەگەر بازێ کردەوەت نارەسا بێ چاوپۆشیت لێ ئەکەمو ئینشائەڵلا ئەبینی کە یەکێ لە پیاوچاکان ئەبم لەگەڵتا •

جا حەزرەتی موسایش فەرمووی : ئەمەی تۆ فەرمووت لە نێوان منو تۆدا بێو ، هەرکام لەو دوو وادەم جێبەجێ کرد ناپیاویم لەسەر نەبێو ، خودای تەعالایش ئاگاداری ئەم کارەو ئەم بڕیارەمانەو ئەو شایەتمان بێ •

بزانن ! رەخنەیان لە ئایەتی (انی ارید ان انكحك احدى ابنتى ••• تاد)گرتووەو ، وتوویانە : لەم ئایەتەدا دوو عەقد بەیان کراوە ؛ عەقدی نیکاحو عەقدی ئیجارەو ، هەردووکیان فاسیدن ؛ هەرچی وەکو عەقدی نیکاحەکە ئەوە فاسیدە لەبەر ئەوە کە پێویستە مارەیی لە عەقدی نیکاحدا بۆ لای ژنەکە بگەڕێتەوەو لێرەدا مارەیی کچەکە خزمەتکردنی موسایە بۆ ئەو حەیوانانە کە ماڵی باوکی کچەکە بوونو سوودی دەست کچەکە نەکەوتوە ، بێجگە لەمەیش مارەییەکە فاسیدە ؛ چونکە بەخێوکردنی حەیوانەکانە لە ماوەی نادیاریدا کە هەشت یا دە ساڵە •

وە هەرچی (عەقدی ئیجارە)کەیشە ئەویش فاسیدە لەبەر ئەوە کە کارەکە دیار نیە ؛ چونکە خزمەتی حەیوانەکان بوە لە ماوەیەکی نادیاریدا ، هەروەها کرێکەیش دیار نیە ؛ چونکە مارەکردنی یەکێ لەو دوو کچەیە

بێ‌دیاریکردن • بەڵام وەڵام دراوەتەوە بەمە : کە لە ئایەتەکەدا بەڵگە نیـە لەسەر ئەوە کە عەقدی نیکاحو ئیجارەکە وا کراوە . هەڵئەگرێ ژنەکە مارە کرابێ لەسەر مارەییەکی دیاری کە بۆ مارەکراوەکە بووبێ ، یاخود لەســەر بەخێوکردنی ئەو ئاژەڵە بووبێ بەڵام ئاژەڵەکە درابن بەو کچە کە موسـا مارەی کردوە ، ئەوا خزمەتی ئاژەڵەکە بوو بە سوود بۆ کچەکە •

وە ئیجارەکەیش لەسەر خزمەتی ئاژەڵەکە بووبێ لە ماوەی هەشــت ساڵاو ، دوو ساڵە زیادەکە شتێ بووبێ کابرا بە پیاوەتی بڕیاری داوە بیکا ، وە لە بەرابەری ئەو خزمەتی هەشت ساڵەوە کرێیەکی دیاری بڕیار درابێ بۆ موسا ــ د ــ •

وە یاخود ئەو جۆرە نیکاحەو ئەو جۆرە ئیجارە لە شـــــەریعەتی شوعەیبدا ــ د ــ دروست بووبن •

(فَلَمَّا قَضى موسى الأَجَلَ ، وسارَ بِأَهْلِهِ ، آنَسَ مِنْ جانِبِ الطُّورِ ناراً ، قالَ لِأَهْلِهِ : امْكُثُوا ، إِنِّي آنَسْتُ نــاراً لَعَلِّي آتِيكُمْ مِنْها بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِنَ النَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ) (٢٩)

جا کاتێ موسا ــ د ــ ماوە بڕیاردراوەکەی تەواو کرد ، دڵی زۆر کەوتە بیرکردنەوەی دیدەنی دایكو خوشكو برایو ، ئیزنی لە شوعەیب خواستو شوعەیب ئیزنی داو . لەگەڵ خێزانەکەیا بەرەو نیشتمانی خۆی کەوتە رێ ، رێکەوتی کاتێکی ساردی کردو ، لەو کاتەدا پێویستیان بە ئاگر بوو ، لـە لای کێوی (طور)ەوە ئاگرێکی بینی ، بەخێزانەکەی فەرموو :لای چیـای

(طور)ەوە ئاگرێکم دیوە . ئێوە لێرەدا دانیشن بەڵکو لەو شوێنەدا کەسێکم دەست بکەوێت کە باسی ڕێگەکەم بۆ بکات . یا شوێنێکمان پێ‌نیشان بدا کە ئارامی تیا بگرین . یاخود سەرە چلۆسکێ ئاگرتـــان بۆ بێنمو لێرەدا ئاگرتان بۆ بکەمەوە بەڵکو خۆتان گەرم بکەنەوە .

ریوایەت کراوە : حەزرەتی موسا دە ساڵ لە خزمەتی شوعەیبدا کاری کرد ، واتە دوو ساڵە زیادەکەیشی تەواوکردو کچە بچکۆلەکەی مارە کردو، دە ساڵی تر لە خزمەتی شوعەیبدا مایەوە ، ئەمە بیست ساڵ .

وە ئەبێ ماوەی بیست ساڵیش لە میصرا ڕای‌بواردبێ ئەمە چل ساڵ ، وە موسا بە خەیاڵی خۆی وای زانی کارەساتی کوشتنی کابـرای قیبتی فەرامۆش کراوەو ، کات لەبارە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو خزمو عەشرەتی خۆی . لەسەر ئەم ئەساسە گەڕایەوەو ، لە ڕێگەدا خێزانەکـــەی کاتی منداڵبوونی هاتو وەرزەکەی سارد بوو ، جا لەو کاتەدا ئەو ئاگرەی دی‌و بەرەو کێوی (طور) ڕۆیشت .

(فَلَمَّا أتاهَا نُودِيَ مِنْ شاطِيءِ الْوادِ الأيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ : أنْ يا مُوسى إنِّي أنَا اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) (٣٠)

جا کاتێ حەزرەتی موسا گەیشتە جێگەی ئەو ئاگرە کە ئەو لە دوورەوە چاوی پێی کەوتبوو .. لە کەناری لای ڕاستی ئەو دۆڵەوە بانگی‌لێ کرا ، ئەو شوێنە جێگەی دارێکی بەرزی سێبەردار بو ، وە ئەو دۆڵەیش لـــەو پارچە زەویە پیرۆزەدا بو کە خودا بە کەرەمی خۆی پیرۆزی کردبو ، بانگی

لێ کرا،ئەی موسا بە راستی کە من خودامو کەسێ تر نیمو ئەو پەروەردگاری جیهانەم کە ئەبێ هەموو کەسێ پەنای پێ بیا •

(وأنْ ألْقِ عصاكَ ، فلَمَّا رآها تَهتَزّ كأنَّها جَانٌّ ولّى مُدْبِراً ، ولَمْ يُعَقِّبْ ، يا مُوسى أقْبِلْ ولا تَخَفْ إنَّكَ مِنَ الآمِنِينَ) (٣١)

وە فەرمانت ئەدەمێ کە عاساکەت فڕە بدە بۆ سەر زەوی ، ئەویش فڕەی دا ، کاتێ تەماشای کرد بینی ئەجوڵێتەوەو دێتە تەکان وەك ئەژدیهایەکی گەورە •• پشتی هەڵکردو ڕۆیشتو نەگەڕایەوە بۆ سەری ، جا بانگماز لێ کرد : ئەی موسا روو بکە عاساکەت کە بوە بە مارو لێی مەترسە ، بە راستی تۆ لەوانەی کە ئەمینن لە بەڵاو مەینەت •

(اُسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ ، واضْمُمْ إلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ ، فَذانِكَ بُرْهانَانِ مِنْ رَبِّكَ إلى فِرْعَوْنَ ومَلَإهِ ، إنَّهُمْ كانُوا قَوْماً فاسِقِينَ) (٣٢)

وە دەست بکە بە باخەڵتا بە سپێتی دێتەدەرەوەو وەك چرای شەو خاوەن پڕتەو ئەبێ بە بێ ئەوەی کە تووشی نەخۆشینێ بووبێ ، وە هەر کاتێ لە مارەکە ترسای یا لەهەر کارێ لەوانە بێ مەترسی لێ بکرێ تۆ دەستەکانت بێنەرەوە بۆ لای خۆت ، راستیان بە لای چەپاو چەپیان بە لای راستا ، وەکوو ئینسانێ کە خاوەن دڵو دەروون بێ ، جا ئەم چرایەو ئەم

ده‌ستی پڕته‌وداری وێنه‌ی چرایه دوو موعجیزه‌ن‌و دوو شتی له یاسابه‌ده‌رن که ئه‌بن به به‌ڵگه‌و نیشانه له‌سه‌ر راستی تۆ له داوای ره‌هبه‌ریدا و ، به‌و به‌ڵگانه‌وه بڕۆ بۆ لای فیرعه‌ون‌و ده‌سته‌و به‌سته‌که‌ی ، به راستی ئه‌وان گه‌لێکی به‌دن‌و له سنووری ره‌وشت لایانداوه •

(قالَ : رَبِّ إنّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْساً ، فَأَخافُ أنْ يَقْتُلُونِ (٣٣) وأَخِي هارونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَاناً،فَأَرْسِلْهُ مَعِيَ رِدْءاً يُصَدِّقُنِي ، إنّي أَخافُ أنْ يُكَذِّبُونِ) (٣٤)

حه‌زره‌تی موسا عه‌رزی خودای کردو فه‌رمووی : به راستی من زه‌لامێکم لێ کوشتوون‌و ئه‌ترسم کاتێ خۆمیان لێده‌ربخه‌م بمکوژن ، وه هاروونی برایشم له من زمان پاراوترو قسه ڕه‌وانتره‌و قسه‌ی باش پێئه‌کرێ ، ده‌ی ئه‌ویش ره‌وانه بکه له‌گه‌ڵما ببێ به یارمه‌تیده‌رو ئه‌و ته‌صدیقی قسه‌کانم بکا• واته ئه‌گه‌ر من قسه‌یێکم کردو له‌به‌ر ناڕه‌وانی زمانم ئه‌وان به‌رهه‌ڵه‌ستییان کردم هاروونی برام ئه‌و قسه له من باشتر روون ئه‌کاته‌وه‌و ئه‌بێ به هۆی چه‌سپاندنی قسه‌که‌ی من له دڵی خه‌ڵکدا ، من له‌وه ئه‌ترسم که ئه‌وان باوه‌ڕم پێ نه‌که‌ن‌و به درۆم بخه‌نه‌وه •

(قالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ ، ونَجْعَلُ لَكُما سُلْطاناً ، فَلا يَصِلُونَ إلَيْكُما بِآياتِنَا ، أنْتُما ومَنِ اتَّبَعَكُمَا الغَالِبُونَ) (٣٥) •

خودای تەعالا لە وەڵامی موسادا فەرمووی : ئێمە قۆڵی تۆ بەهێز ئەکەین بە هاروونی براتو ، ئەویش لەگەڵ تۆدا رەوانە ئەکەینو ، بەڵگە بۆ ئێوە بڕیار ئەدەینو ، ئەوان ناگەن بە ئێوە لە بەڵگەهێنانەوەو هاوردوبردی قسەدا بە هیچ جۆرێ ، بە هۆی ئەو موعجیزانەوە کە پێمداونو ئێوەو ئەوانە کە پەیڕەوی ئێوەن سەرکەوتوو ئەبن •

(فَلَمَّا جاءَهُمْ مُوسى بِآياتِنا بَيِّناتٍ قَالُوا : ما هـذا إِلاَّ سِحْرٌ مُفْتَرىً ، وما سَمِعْنا بِهذا فِي آبَائِنا الأَوَّلِينَ (٣٦) وقالَ مُوسى: رَبِّي أَعْلَمُ بِمَنْ جاءَ بِالهُدى مِنْ عِنْدِهِ ، وَمَنْ تَكُونُ لَهُ عاقِبَةُ الدَّارِ ، إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ) (٣٧)

جا کاتێ موسا ـ د ـ بە موعجیزەکانەوە گەیشتە لای فیرعەونو دەستە کەیو موعجیزەکانیان دی ، وتیان : ئەمەی موسا هێناویەتی هیچ نیە جادوویێ نەبێ خۆیان دروستیان کردوەو ، وێنەی نەبوە لەمەوپێشو ئەم جۆرە جادوومانە نەبیستوە لە چەرخی باوکو باپیرە پێشوەکانمانا کە زوو رابوردوون •

وە حەزرەتی موسا ـ د ـ لە وەڵامی ئەوانا فەرمووی : خودای من زاناترە لە ئێمەیشو لە ئێوەیشو ، ئەو ئەزانێ کێ لای ئەوەوە راستی‌ی هێناوەو شارەزایی هێناوە لە لایەنی خوداوە • وە زانایشە بەو کەسە کە ئەنجامی باشی ئەبێو خانووی ئاسایشی نەبڕاوەی ئەبێ ، بە راستی ئەوانەی کە ساڵمن ئەمینو ئەوانەیش کە زاڵمن رزگار نابن •

(وقالَ فِرْعَوْنُ : يا اَيُّها المَـلأُ ما عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إلهٍ غَيْرِي . فَاَوْقِدْ لِي يا هامانُ على الطِّينِ ، فاجْعَلْ لي صَرْحاً لَعَلِّي اَطَّلِعُ إلى إلهِ مُوسى . وإنِّي لاَظُنُّهُ مِنَ الكاذِبِينَ) (٣٨)

جا له پاش فه‌رمووده‌كانی حه‌زره‌تی موسا ــ د ــ فیرعه‌ون وتی به حازرانی باره‌گای خۆی : ئه‌ی گه‌ل‌و كۆمه‌ڵی نزیكی باره‌گا من نازانم به‌وه كه ئێوه بێجگه له من خودایه‌كی ترتان بێ ، به‌ڵام بۆ زیاده‌دامه‌زرانی دڵ ئه‌مه‌وێ ته‌ماشایه‌كی ئه‌وزاعی جیهان بكه‌ن . ئه‌ی هامان ئاگری به‌هێز داگیرسێنن له‌سه‌ر خشتی كاڵ هه‌تا ئه‌بێ به خشتی سووره‌وه‌بوو ، دوایی به‌و خشته سووره‌وه‌بوه قه‌ڵایه‌كی به‌رزم بۆ دروست بكه ، هیوام وایه كه سه‌ر بكه‌وم بۆ شوێنێكی وه‌ها ئه‌گه‌ر خودای موسا له ئاسمانا بێ وه‌زع‌و حاڵی بزانم . به راستی من گومانم هه‌یه له راستی موساداو وا ئه‌زانم له درۆزنانه‌و خودای ئه‌و هه‌ر له بناغه‌دا نیه ! (په‌نا به خودا) .

(واستَكْبَرَ هُوَ وجُنُودُهُ فِي الاَرْضِ بِغَيْرِ الحَقِّ ، وظَنُّوا اَنَّهُمْ إلَيْنا لاَ يُرْجَعُونَ (٣٩) فَاَخَذْناهُ وجُنُودَهُ فَنَبَذْناهُمْ فِي اليَمِّ.فَانْظُرْ كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ الظَّالِمِينَ؟ (٤٠) وجَعَلْنَاهُم اَئِمَّةً يَدْعَونَ إلى النَّارِ ويَوْمَ القِيامَةِ لاَ يُنْصَرُونَ (٤١) واَتْبَعْناهُمْ فِي هذِهِ الدُّنْيا لَعْنَةً ويَوْمَ القِيامَةِ هُمْ مِنَ المَقْبوحِينَ) (٤٢)

فیرعه‌ون به‌و لادانه‌ی له فه‌رمووده‌ی موسا له‌وه‌ی كه له لای خوداوه بۆی هێنابوون ، خۆی‌و سوپاكه‌ی فیزیان كردو خۆیان به زل گرت له خاكی

میصراو ، ئەمەیش بە نارەوایی‌و نابەجێیی‌و ، گومانیان وابو کــە ئەوان نایێنەوە بۆ لای ئێمەو لە دەستمان دەرئەچن •

جا فیرعەون‌و سوپاکەیم وەرگرت‌و فڕەمدانە دەریاکەوە ، جا بڕوانــە بزانە ئەنجامی ئەو ستەمکارانە چۆن بو ؟ وە کردمن بە چەن پێشەواو خاوەن کارێ کە خەڵکیان بانگ ئەکرد بۆ ئاگری دۆزەخ‌و لە رۆژی قیامەتیشا هەر یارمەتی نادرێن‌و ، لەم دنیادا نەفرین‌و قسەی ناشیرینم نارد بە شوێنیاناو لە رۆژی قیامەتیشا هەر لە ناشیرینەکان‌و بەدشێوەکان ئەبن •

(ولَقَدْ آتَيْنا مُوسى الْكِتَابَ مِنْ بَعْدِ ما اَهْلَكْنــــا القُرونَ الاُولى بَصَائِرَ لِلنَّاسِ وهُـــدىً ورَحْمَـــةً لَعَلَّهُمْ يَتَذكَّرُونَ) (٤٣)

وە بە راستی ئێمە کیتابمان دا بە موسا لە پاش ئەوە کە ئەو گـــەلە پێشینانەمان لەناو بردو بەربادمان کردن لە چەرخە پێشوەکانا ، وەکو قەومی نوح‌و هوودو صالح‌و لوط‌و ئیبراهیم ، وە ئەو کتێبەیشم بۆ ئەوە پێدان بیێ بە هۆی چاوڕوونییان ، واتە دڵیان رووناك ببێ‌و ببێ بە هۆی رەحمەت‌و شارەزایی بۆیان ، بە هیوای ئەوە کە بیرێ بکەنەوە بۆ حاڵی خۆیان •

(ومَا كُنْتَ بِجَانِبِ الغَرْبِيِّ إذْ قَضَيْنا إلى موسى الاَمْرَ ، ومَا كُنْتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٤٤) ولَكِنَّا اَنْشَأْنَا قُرُوناً، فَتَطاوَلَ عَلَيْهِمُ العُمُرُ ، ومَا كُنْتَ ثاوِياً فِي اَهْــلِ مَدْيَنَ ، تَتْلُو عَلَيْهِمْ آياتِنا ولَكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ) (٤٥)

بزانن ! ئەو ڕێگە کە حەزرەتی موسا پیادا رابوردوە بۆ شاری میصر کێوی (طور) کەوتوەتە خۆرنشینیەوە •

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ لە لای خۆرئاوای کێوی طورا نەبوویت لەو کاتەدا کە ئێمە فەرمانی پێغەمەریمان دا بە موسا ــ د ــ ، وە تۆ لەو کاتەدا لەوێ نەبوویت وەحیو فەرمانەکەمان بۆ نارد ، هەروا تۆ لە ناو خەڵکی شاری مەدیەنیشدا نەبووی تا ئایاتی ئێمە لەوان وەربگریو بیخوێنیتەوە بەسەر ئەوانەدا ، وەکو یەکێ دەرزێ لە مامۆستایێ وەربگرێو بۆی بخوێنێتەوە تا رەوانی ئەکا ، هەتا وەزعی حەزرەتی شوعەیبو خانەوادەکەیان بزانی •

بەڵام وەحیمان نارد بۆ تۆو تۆمان کرد بە پێغەمەری ئاخرزەمان ، وە حاڵی پێغەمەرە پێشینانەکەمان گێڕایەوە بۆ تۆ لەبەر ئەوە کە گەلێ ئادەمیزادمان لە گەلێ چەرخدا دروستکردبوو تەمەنێکی زۆریان رابواردو دڵیان بە تەواوی رەش بوەوە لە وەرگرتنی خێرو ئیسلامیەت ، بەڵکو تۆ بە هۆی خوێندنەوەی ئایەتەکانی ئێمەوە ئەو چینە کە ئێستە حازرن فێریان بکەییو روویان بکەیتە ڕێگەی بەیەکناسیو فەرمانبەری ئێمە •

(وما كُنْتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إذْ نادَيْنا ، ولكِنْ رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ لِتُنْذِرَ قَوْماً ما آتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ ، لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرونَ) (٤٦)

وە تۆ لە تەنیشتی کێوی طورەوە نەبووی لەو کاتەدا بانگمان لە موسا کردو پەیامان دایێ ، بەڵام ئێمە رەحمەتێکی گەورەمان دا بە تۆ وەکو

قورئان بێ ، بۆ ئەوە گەلێکی وای پێبترسێنیو هۆشیاریان بکەیتەوە کە لە پێش تۆدا پێغەمەرێکی وایان بۆ نەهاتوە کە بیانترسێنێ ، هیوا وایە بە هۆی ئەم قورئانەو ترساندنی تۆوە بۆیان بیرێ بکەنەوە •

(ولَوْلا اَنْ تُصِيبَهُمْ مُصِيبَةٌ بِما قَدَّمَتْ اَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا : رَبَّنَا لَوْلاَ اَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسولاً فَنَتَّبِعَ آياتِكَ ونَكُونَ مِنَ المُؤْمِنِينَ) (٤٧)

وە ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کاتێ کە بەڵایێو زەحمەتێ بیدایێ لە گەلەکەتو لە کیتابیەکانی دەورت لەبەر ئەو کردەوە نابارانە کە دەستی ئەوان کردوویەتیو خستوویەتیە پێش خۆیەوە ، جا لەو کاتەدا هاواریان بکردایەو بیانوتایێ : ئەی خودا بۆچی پێغەمەرێکت نەنارد بۆ لامان تا ئێمە شوێنکەوتی ئایەتەکانی بووینایێو ، داخلی ئەهلی ئیمان بووینایێ ، ئێمە تۆمان رەوانە نەدەکرد ، واتە بۆیێ تۆمان رەوانە کرد بۆ لای ئەو کافرانە هەتا بیانوویان نەمێنێ •

(فلَمَّا جاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِنْدِنا قالُوا : لَوْلا اُوتِيَ مِثْلَ مَا اوتِيَ مُوسى ؟ اَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِما اوتِيَ مُوسى مِنْ قَبْلُ ؟! قالُوا : سِحْرانِ تَظاهَرَا ، وقالوا : اِنَّا بِكُلٍّ كافِرُونَ) (٤٨)

جا کاتێ قسەی حەق لە لایەنی ئێمەوە هات بۆیان ، یانی قورئانی پیرۆز ، وتیان : ئەوە بۆچی موعجیزەیەکی وەکوو موعجیزەکەی موسا نەدرا بە محەمەد ؟ واتە وێنەی عاساو دەستی سپی ، ئایا ئەم کافرانە ئینکاری

ئەوەیان نەکرد کە لەمەوپێش درا بەموسا ؟! لەو کاتەدا کە کۆمەڵێ عەرەبیان نارد بۆ لای جوولەکەکان بۆ پرسیار لە سیفاتی محەمەد ــ د ــ لە تەوراتا ، ئەوانیش وتیان : ئێمە سیفەتو نیشانەی محەمەد لە تەوراتا ئەبینین . جا کاتێ ئەو عەرەبانە هاتنەوە بۆ مەکەو قسەکەیان بۆ گێڕانەوە وتیان : ئێمە نە باوەڕ بە موسا ئەکەینو نە بە محەمەد . هەردووکیان جــادوون ، دوو جادووگەرن پشتی یەك ئەگرنو ، وتیان : ئێمە بە هەردووکیان کافرین ، وە یا نە باوەڕ بە تەوراتو نە بە قورئان ئەکەین .

(قُلْ : فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِنْ عِنْدِ اللهِ هُوَ أَهْدَى مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ ، إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٤٩) فَإِنْ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ ، وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللهِ ؟! إِنَّ اللهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (٥٠)

جا مادام ئەم کافرانە باوەڕیان بە موساو محەمەد نیە ، یا باوەڕیان بە تەوراتو قورئان نیە تۆ پێیان بڵێ : دەی کتێبێ لە لایەنی خوداوە بێنن کە باشتر بێ بۆ شارەزاکردنی نەزانان بۆ ڕێگەی خودای تەعالا هەتا من پەیڕەوی ئەو کتێبە بکەم ، ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن کە کتێبی کەسیان باش نیە !

جا ئەگەر بە گوێیــان نەکردیو کتێبێکی وایان نەهێنــا ، ئەمجار بە یەقین بزانە ئەمانە شوێن ئارەزووی خۆیان ئەکەون . جا کێیە گومڕاتربێ لەو کەسە کە ئەکەوێتە شوێن هەوای خۆی ، بە بێ ئەوە بەڵگەیەك یا کتێبێکی پیرۆزی لە لای خوداوە هینابێ ؟ بە ڕاستی خودا هیدایەتی گەلی ستەمکار ناداو ئەمانە ستەمکارن .

(وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ الْقَوْلَ ، لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ) (٥١)

وە ئێمە گەلێ ئایاتی قورئانمان یەك بە شوێنی یەکا نارد بۆ لای ئەو کافرانی مەکە بە هیوای ئەوە کە ئیمان بێنن ، کەچی هەر لەسەر عەنادی خۆیان مانەوەو ئیمانیان نەهێنا •

(الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِهِ هُمْ بِهِ يُؤْمِنُونَ (٥٢) وَإِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ قَالُوا : آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّنَا ، إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ (٥٣) أُولَائِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا ، وَيَدْرَؤُنَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ ، وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٥٤) وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ ، وَقَالُوا : لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ : سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الجَاهِلِينَ) (٥٥)

ئەم ئایەتانە لە موسوڵمانانی ئەهلی کیتابدا هاتنەخوارەوە ، وە بازێ فەرموویانە : لە چل کەسی ئەهلی ئینجیلدا هاتنە خوارەوە ، سیو دوو کەسیان لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبو طالیبدا لە حەبەشستانەوە هاتنو ، هەشتیان لە شامەوە •

واتە ئەو کەسانە کە کیتابمان پێداون لە پێش قورئانا ئەوانە ئیمان دێنن بە قورئانو هەر کاتێ قورئانیان بەسەرا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێن : ئیمانمان پێی هەیە ، بە راستی ئەو قورئانە راستەو لە لای خودای ئێمەوە هاتووەو ئێمە لە پێش ئەوەدا بێتەخوارەوە باوەڕمان پێی بوە ؛ چونکە لە کتێبی خۆمانا باس کراوەو ناوی خاوەن کتێبەکەمان لە رەهبەرە گەورەکەمانەوە دەم

بەدەم‌و کەس بەکەس بیستوە • جا ئەوانە دووجار پاداشی ئیمانیـــان پێ ئەدرێ ، واتە پاداشیان دوو قاتە : قاتێ لەسەر باوەڕ بە کتێبەکەی خۆیان‌و ، قاتێ لەسەر باوەڕ بە کتێبەکەی ئێمە کە قورئانە •

وە ئەم دوو پاداشەیشیان بۆیە پێدراوە لەسەر ئەو دوو ئیمانە بە هۆی خۆگرتنەوە لەسەر ئازاری دوژمنانی دین ؛ چونکی کاتێ کە ئیمانیان هێنا بە کتێبەکەی خۆیان لە لایەنی موخالیفانەوە ئازاردران ، وە کاتێ باوەڕیان بە قورئان کرد لە لایەنی ئەهلی کتێبەکەی خۆیانەوە ئازاردران‌و لە لایـەنی کافرانی مەکەو مەدینەیشەوە دووبارە بە وتار یا بە کردار •

وە ئەو موسوڵمانانی کیتابیە پیشەیان وەهایە بە کردەوەی چاکە تاوانی کردەوەی خراپە لائەبەن‌و ، لەو ڕۆزیو بژێوە کە هەیانە لێی سەرف ئەکەن لە ڕێگەی خودادا ، وە کاتێ کە وتاری ناباری بێ‌سوود ببیسن لە نەیاران گوێی پێ‌نادەن لەبەر کەرامەت ، وە بە زۆربڵێ‌و قسەپووچـــان ئەڵێن : کردەوەی ئێمە بۆ ئێمەیەو کردەوەی ئێوە بۆ ئێوەیە ، حەقمان بەسەرتانەوە نیەو ئێوەیش حەقتان بەسەرمانەوە نەبێ ، دروودتان لەسەر بێ ، ئێمـــە نامانەوێ هاوڕێیی نەزان‌کارو نەزان‌دوو بکەین •

(إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ ، وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) (٥٦)

بە ڕاستی تۆ هیدایەتی خۆشەویستانی خۆتت پێ نادرێ‌و نـاتوانی ڕووناکی هیدایەت بخەیتە ناو دڵیان ، بەڵام خودا بیەوێ هیدایەتی هەرکەسێ بدا ئەیدا لەسەر خواست‌و ئیرادەی خۆی ، وە ئەو زاناترە بەوانە کە ئامادەن بۆ ئەو ڕووناکییە •

کۆمەڵی زانایان لەسەر ئەوەن ئەم ئایەتە لە شانی (ئەبو طالیبی) مامی پێغەمەرا هاتوەتە خوارەوە ؛ چونکی کاتێ کەوتە سەرەمەرگ حەزرەت هات بۆ لای و پێی فەرموو : مامە بڵێ (لا اله الا الله)تا لە لای خودا بیکەم بە بەڵگە بۆت ، ئەویش وتی : برازا بە راستی ئەزانم کە تۆ راستگۆیی و راست ئەڵێیت ، بەڵام پێم ناخۆشە خەڵك بڵێن : لە کاتی سەرەمەرگدا تەفرەیان داو لە دینی خۆیان هەڵگێرایەوە •

(وقالُوا : إنْ نَتَّبِعِ الهُدى مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ اَرْضِنَا ، اَوَلَمْ نُمَكِّنْ لَهُمْ حَرَماً آمِناً يُجْبى إلَيْهِ ثَمَراتُ كُلِّ شَيْءٍ رِزْقاً مِنْ لَدُنّا ؟ ولكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ) (٥٧)

وە لە شێوەی بیانوودا ئەڵێن : ئەگەر ئێمە شوێن تۆ بکەوتایەین و موسوڵمان ببوایەین و لەگەڵ تۆدا بوایەین ، لەم خاکی خۆمانەدا نەئەماین و ئەیانفڕانین • بەڵام ئەم بەهانە زۆر بێ بایەخە بەرابەر بەو نیعمەتانە کە من داومە بە خەڵکی وڵاتی ئەوان • ئایا ئێمە وڵاتێکی وامان بۆ ئەوان دانەمەزراندوە کە حەرامە لەسەر خاوەن دەستەڵاتەکان دەستیان بۆ ببەن و هێمنە لە دەسدرێژی پیاوانی بەدکارو بەدنیهادو زیانکار ؟ زیاد لەوە گرداوەری ئەکرێ و ئەبرێ بۆ لای ئەوان بەش و بارەو ژیوارو بەری هەموو شتێ لەوانە سوودیان لێوەربگیرێ و لە لای ئێمەوە بۆ ئەوان کراوە بە رۆزی • بەڵام زۆربەی ئەوانە بەم نیعمەتانە نازانن • جا ئێمە مادام ئەوەندە نیعمەت بدەین بە ئەهلی ئەو شوێنە پاکە چۆن ئەگەر یەکێکیان موسوڵمان بێ لەوە ئەترسێ بڕفێنرێ و تووشی دەردیسەری بێ بە هۆی ئیسلامەوە؟!

ئه‌م ئایه‌ته له شـــانی حه‌رثی کوڕی عوثمانی کوڕی نه‌وفه‌لی کوڕی عه‌بدوله‌نافدا هاته‌خواره‌وه؛ ئه‌م زه‌لامه هات بۆ لای حه‌زره‌ت ــ د ــ وتی: ئێمه ئه‌زانین که تۆ له‌سه‌ر حه‌قی . به‌لام واین له‌ناو چه‌ند کۆمه‌ڵو هۆزی گه‌وره‌ی عه‌ره‌بدا که له‌گه‌ڵ تۆدا نین‌و ، ئێمه خۆمان هێزێکی وامان نیـه‌و ئه‌ترسین کاتێ شوێن تۆ بکه‌وین به جارێ بێن به‌ســـه‌رماناو له ولاتـــا هه‌ڵمان گرن‌و له‌ناومان به‌رن ! خودا به‌و ئایه‌ته ئه‌و به‌هانه‌ی به‌تاڵ کرده‌وه.

(وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا ؟ فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَنْ مِنْ بَعْدِهِمْ إِلاَّ قَلِيلاً . وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ) (٥٨)

چه‌ند ئاوه‌دانی‌و دێمان وێرانکرد . کاتێ خه‌ڵـــکه‌که‌ی کـــه‌وتوونه‌ته زیاده‌ڕه‌وی‌و زیاده‌خۆری‌و ده‌س‌بلاوی له ژیواریاناو به هۆی ئه‌وه‌وه تووشی فیزو ده‌مار بوون‌و سوپاسی خودایان نه‌کردو لایان دا له فه‌رمانی خودا ؟ ئا ئه‌وه شوێنه‌کانی ئه‌وانه‌و که‌لاوه‌کانیانه له پاش وێرانکردنیان نه‌کراونه‌ته‌وه به جێگه‌و دێ‌و ، که‌مێك نه‌بێ که‌سیان تیا دانه‌نیشتوه‌و . هه‌ر ئێمه میراتگری ئه‌وان بووین . واته وه‌ها وێران بوون به سه‌رو به‌ره‌وه له‌ناوچوون‌و . ته‌نیا خۆمان له پاش ئه‌وان ماوینه‌ته‌وه.

(وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا.وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلاَّ وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ) (٥٩)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست خودای پەروەردگاری تۆ یاسای وا نەبوە کۆمەڵە دێهاتو ئاوەدانییەك وێران بکا هەتا پێغەمەرێ نەنێرێ بۆ گەورەئاواییەکەیان ، تا ئایاتی ئێمەیان بەسەرا بخوێنێتەوەو بانگیان بکا بۆ رێگەی ئاینو ئەوانیش دەس بکەن بە ملبادانو بێشەرمی لەگەڵ رەهبەرانا، ئەو جارە ئێمەیش قارمان ئەجووڵێو لەناویان ئەبەین ، ئەگەرنا خودا یاسای دادی هەیەو فەرموویە : ئێمە دێهاتی زۆری پڕ لە ئادەمیزادمان وێراننەکردوە مادام خەڵکەکەی ستەمکار نەبنو لە حەق لایان نەدابێ •

(وما أُوتِيتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيا وزِينَتُها . وما عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ وأَبْقى ، أَفَلا تَعْقِلُونَ ؟) (٦٠)

وە هەرچیتان پێدرابێ لەهەر جۆرە شتێ بێ کە بەکارتان بێ ئەوە مایەی رابواردنی ژیانی دنیایەو هۆی جوانی دیمەنە ، وە ئەوەی لە لای خودادا بێ وەکو پاداشی باوەڕو کردەوەی چاك ئەوە باشترە ، بەڵکو هەر ئەوە بۆ ئێوە باشەو زۆر ئەمێنێتەوە لە پاشەڕۆژا ، ئایا ئێوە عەقڵ بەکارنایەنن هەتا شتی باش نەدەن بە شتی بێ سوود ؟

(أَفَمَنْ وَعَدْنَاهُ وَعْداً حَسَناً فَهُوَ لاقِيهِ كَمَنْ مَتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الحَيَاةِ الدُّنْيا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ القِيامَةِ مِنَ المُحْضَرِينَ ؟) (٦١)

ئایا ئەو کەسە کە لەسەر بیرو باوەڕی پاككارو کردەوەی چاك بەڵێنمان پێدابێ بە پاداشی باشو لە واقیعا ئەویش بگات بەو جەزایە لە کاتی

خۆیا ، وەکو ئەو کەسە وەهایە کە خۆشحاڵمان کردبێ بە رابواردنی نەفسی لە ژیانی دنیادا ، وە لە پاش مردن لە رۆژی قیامەتا لەوانەبێ کە حازر بکرێ بۆ حسێب کێشان وە بۆ سەرو دڵ ئێشانو سزادان لە قیامەتا ؟ دیارە ئەم دوو تاقمە وەکوو یەك نین •

ئەویـان وا لەســــەر ئاسمانی بـەرز
ئەمیـان لـە بیـری دۆزەخـا بـە لـەرز
عـەرزو ئاســـمان بەینیـان زۆرە
ئەم جێـگەی خاکەو ئەو جێـگەی خۆرە

(ویَوْمَ یُنادِیهِمْ فَیَقُولُ : اُیْنَ شُرَکائِیَ الَّذِینَ کُنْتُمْ
تَزْعُمونَ ؟ (٦٢) قالَ الَّذِینَ حَقَّ عَلَیْهِمُ القَوْلُ : رَبَّنا هؤلاءِ
الَّذِینَ اَغْوَیْنَا ، اَغْوَیْنَاهُمْ کَما غَوَیْنا ، تَبَرَّأْنَا إِلَیْـكَ
ما کانُوا إِیَّانا یَعْبُدُونَ) (٦٣)

وە لەو رۆژەدا کە فریشتەی مەئسووری خودا بانگ ئەکا لە کافرەکانو ئەڵێ : وا لە کوێ ئەو شەریکانەم کە ئێوە گوماتتان ئەبرد کە هاوڕێی منن ؟ لەو رۆژەدا ئەو کافرانە کە دەستیان رۆیشتوەو خەڵکیان گومڕا کردوەو فەرمانی سزایان دەرچوە •• ئەڵێن خودایە ئەو کۆمەڵە ئێمە گومڕامان کردن گومڕامان کردن وەکو خۆمان گومڕا بووین ، ئێمە خۆمان دوورئەخەینەوەو یەخە هەڵئەتەکێنین لێیانو پەنا دێنین بۆ تۆ ، بە راســـتی ئەوانە بەندەیی ئێمەیان نەکردوە ، بەڵکو بەندەیی هەوای خۆیانیان کردوە •

(وقِيلَ : ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ، فَدَعَوْهُمْ ، فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وراَوُا الْعَذَابَ لَوْ اَنَّهُمْ كَانُوا يَهْتَدُونَ) (٦٤)

وە بانگ ئەکرێ لە کافرەکانو پێیان ئەوترێ : ئەو شەریکانە کە ئێوە بڕیارتان ئەدان بۆ خودا لە کوێن ؟ بانگیان بکەن با بێن بە هاوارتانەوە ، ئەوانیش لەبەر سەرگەردانی خۆیان بانگیان ئەکەنو ئەوانیش وەلامیان نادەنەوە لەبەر ئەوە دارو بەرد وەلامیان نیە ٠

(ويَوْمَ يُنادِيهِمْ فَيَقُولُ : ماذَا اَجَبْتُمُ المُرْسَلِينَ ؟ (٦٥) فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الاَنْبَاءُ يَوْمَئِذٍ ، فَهُمْ لا يَتَساءَلُونَ (٦٦) فَاَمَّا مَنْ تابَ وآمَنَ وعَمِلَ صَالِحاً فَعَسى اَنْ يَكُونَ مِنَ المُفْلِحِينَ) (٦٧)

باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خودای تەعالا بانگ ئەکا لە کافرەکانو پێیان ئەڵێ : بە چی جۆرێ وەلامی بانگو پەیامی پێغەمەرەکانتان دایەوە لە دنیادا؟ جا لەو ڕۆژەدا دەنگوباسو هەواڵیان نامێنێو لە ڕاستی هەموو باسێکدا کوێر ئەبن ، واتە وەکو یەکێ کوێر ببێ ڕێگە دەرناکاو ناگاتە جێگە ئەو دەنگو باسەو ئەو قسانە کە ئەوان لە کاتی خۆیانا بە پێغەمەرەکانیان وتوون ڕێگەی زەینی ئەوان ون ئەکەنو ناکەونەوە بیریان هەتا وەلامی خودایان پێ بدەنەوە ٠ وە ڕاستیش ئەوەیە کە ئەو کافرانە وەکو کوێری ڕێگەدەرنەکردوونو زەینی ئەوان ناچێ بۆ ئەو قسانە کە لە دنیادا بە

پێغه‌مه‌ره‌کانیان وتوه ، وه ئه‌وه‌نده سه‌رکوێر ئه‌بن هه‌تا بازێکیان له بازێکیان ناپرسێ که له دنیادا چلۆن وه‌ڵامیان داوه‌ته‌وه تا به‌عزێکیان قسه بکا بۆ به‌عزێکیان‌و بیربکه‌نه‌وه‌و وه‌ڵامه‌کانیان بێته‌وه بیر . ئه‌مه حاڵی کافره‌کان بوو که به بێ ئیمان مردن‌و له‌و رۆژه‌دا وه‌ها گیرۆده ئه‌بن .

به‌ڵام ئه‌وانه که تۆبه‌یان کردوه‌و له کوفرو خراپه‌کاری په‌شیمان بوونه‌ته‌وه‌و ئیمانیان هێناوه به خوداو پێغه‌مه‌ری خوداو کرده‌وه‌ی چاکیان کردوه .. ئه‌وه هیوا هه‌یه‌و ئومێده‌وارین که بچنه رزی رزگاربوانه‌وه .

(وَرَبُّكَ يَخْلُقُ ما يَشَاءُ ويَخْتَارُ . ما كانَ لَهُمُ الخِيَرَةُ ، سُبْحانَ اللهِ وتعالى عَمَّا يُشْرِكُونَ (٦٨) ورَبُّكَ يَعْلَمُ ما تُكِنُّ صُدُورهُمْ وما يُعْلِنُونَ(٩٩)وهُوَ اللهُ لا إلهَ إلاَّ هُوَ . لَهُ الْحَمْدُ فِي الأُولى والآخِرَةِ . ولَهُ الحُكْمُ وإلَيْهِ تُرْجَعُونَ) (٧٠)

ئه‌م ئایه‌تانه له کاتێکدا نازڵبوون وه‌لیدی کوڕی موغیره وتی : ئه‌وه بۆ ئه‌م قورئانه نه‌هاته خواره‌وه بۆ سه‌ر پیاوێکی گه‌وره له مه‌که یا له مه‌دینه‌دا ؟ یا له کاتێکدا که جووله‌که‌کان وتیان : ئه‌گه‌ر ئه‌و فریشته که دێته‌خواره‌وه بۆ لای محه‌مه‌د غه‌یری جوبره‌ئیل بوایێ ئیمانمان پێ ئه‌هێنا ، به‌ڵام مادام جوبره‌ئیل دێته خواره‌وه ئێمه ئیمان نایه‌نین ؛ چونکی دوژمنی جوبره‌ئیلین .

جا خودای ته‌عالا بۆ ره‌دکردنه‌وه‌ی قسه‌که‌ی ئه‌وان ئه‌فه‌رموێت : خودای تۆو په‌روه‌ردگاری تۆ دروست ئه‌کاو ئیجاد ئه‌کا ئه‌وه‌ی خواستی خۆی بێ‌و هه‌ڵئه‌بژێرێ ئه‌وه‌ی بیه‌وێ بیکا . وه هه‌رگیز نه‌بوه‌و نابێ بۆ که‌سێ له په‌ری‌و ئاده‌میزادو فریشته مافی هه‌ڵبژاردن به‌سه‌ر خودادا ، پێی

بڵێن : ئەو شتە بکەو ئەو شتە مەکەو ، ئەو شتە ئەیکەی بەم شێوە بیکەو بەو شێوە مەیکەو ، بۆ کەس نەبوە دەخڵی کاری خودا بکاو بڵێ بۆچی وات کردو وەهات نەکرد • خۆی بە خواستی خۆی لە جیهانا کار ئەکا •

(سبحان الله) خودا پاكو دوورە لەوە کەسێ دەستی لە کاریا ببێو زۆر زۆر بەرزو دوورە لە پەیوەندی ئەو شتانە کە کافرەکان ئەیانکەن بــە شەریك بۆی • وە خودای تۆ زانایە بەوەی دڵی ئەو کافرانە داپۆشیوەو بەوەیش ئەوان بە زمان دەری ئەبڕن • وە هەر ئەو خودایەو هیچ خودایێ نیە ئەو نەبێ ، هەر بۆ ئەوە ستایش لە دنیاو لە قیامەتا ، وە فەرمانو کــار هەر بۆ ئەوەو هەر بۆ لای خودایش ئەگێڕرێنەوە ئێوە ، ئەی کافرە خاوەن رەخنەکان ، ئەوسا تۆڵەی خۆتان بە باشی ئەبینن •

وە ئیمامی رازی ــ خ ــ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرموێت : لــە ئایەتی (وربك یخلق ما یشاء ویختار ما کان لهم الخیرة •••)دا دوو شێوە هەیــە :

یەکەمیان کە زۆر جوانە ئەوەیە کە راوەستان لەسەر (ویختار) بێو (ما) بۆ نەفی بێو مەعناکەی ئەمە بێ کە پەروەردگاری تۆ ئەی خۆشەویست هەرچی بوێ لە خەلقو ئیجاد ئەیکاو هەر خواستێ رووی تێ بکا لە لایەنی خۆیەوە ئیختیاری ئەکاو بۆ کەس نابێ ئیختیاری شتێ بکا لەسەر خودای تەعالا بۆ کردنی •

شێوەی دوەم : ئەمەیە (ما) بە مەعنا (الذی)بێو راوەستان لەســەر (ما یشاء) بێ ، واتە خودای تۆ دروست ئەکا ئەوەی خواستی لێ ببێ ، وە ئەو شتەیش کە موافیقی حیکمەتی بێ بۆ خەلایق ئەیکا ، وە خودا زۆر دوورە

بەرزە لەوەی کە ئەیکەن بە شەریکی خودا لە ئیجادو خەلقا ؛ چونکی هیچ شتێ رایەی ناکەوێ هیچ دروست بکا خودای تەعالا نەبێ •

وە ئەوەی لە حاشیەی شەهابی خەفاجی لەسەر تەفسیری بەیضـاویدا دەرئەکەوێ ئەمەیە : کە (مشیئة الله)عەینی ئیختیارە ، یا نزیکە لە ئیختیارەوەو ئیختیار بە مەعنای ئەوەیە : ئەگەر بیەوێ ئەیکاو نەیەوێ نایکا ، وە ئەمەیش لەگەڵ مەشیئەتا ئەبنەوە بە یەك ، جا لەبەر چاری تەکرار لە ئایەتەکـــەدا بەیضاوی هاتوە فەرموویەتی : موراد ئەمەیە خودای تۆ خەلق‌و ئیجـادی ئەوە ئەکا کە مەیلی ببێ لە ئەعیان‌و ئەعراض، وە ئەو (خەلقی ما یشاء)ە بە خاترخۆییەو ئەم خاترخۆییە لە مەشیئەتا دەرناکەوێ ، بەڵکو هەر ئەوەی لێ‌دەرئەکەوێ کە ئیجادەکەی بە ئیرادەو خواستەو بە ئیجاب نیە ، ئیتــر دەرناکەوێ ئایا مانیع قابیلە ببێ یا نەبێ ، جا فەرمووی (ویختار) یـــانی بە تەواوی سەربەستی هەیە لە تەسەڕوفاتەکەیاو کەس ناتوانێ ببێ بە مانیع لە هیچ تەسەڕوفێکی ئەو •

بەڵێ لە تەفسیری جوملەی (ما کان لهم الخیرة)دا فــــەرموویەتی : ئیختیاری عەبد کـــــە تەعەللوقی قودرەت‌و ئیرادەی عەبدە بـــــە فیعلە مەقصوودەکەوە بەسراوە بە زانستی ئەو عەبدەوە بۆ ئەو شتە ؛ چونکی هەتا نەزانێ ئەو کارە باشەو موناسبی حاڵی ئەوە شەوق‌و ئارەزوو لە دڵیا پەیدا نابێ بۆی ، وە ئەو عیلم‌و زانستەو ئەو شەوقە کە لەوەوە پەیدا ئەبێ بــــە دەست‌عەبدەکە نیە ، کەوابو هەر ئەوەندە فەرق ئەبێ لە بەینی مەذهـــــەبی (جبریە)و مەذهەبی (ابو الحسن)ی ئەشعەریدا ــ خ ــ ، کە عەبد مەحەللە بۆ هەندێ صیفات وەکو زیندوویی‌و زانست‌و ئیشتیاق بە پێی ئەو زانستە ، یا بێزاری ئەگەر زانراوەکە نابار بێ ، بەڵام کاری دارو بەرد وا نیەو ئـــەم

سیفاتەی تێدا نیە ، بۆیە بە شتی زۆر پەنهان ئەڵێن : (اخفی من کسب الاشعری) •

بەڵام زانای بەرزی کەلام عەبدولحەکیمی سیالەکۆتی ـ خ ـ لە حاشیەکەیا لەسەر حاشیەی (خەیالی) فەرموویەتی : ما دام تەئثیری قودرەتی خودا لە خەلقی ئەفعالی عەبدا بە عادەت وەستاوە لەسەر کەسبی عەبد کە تەعەلوقی قودرەتو ئیرادەی عەبدە بەو مەقسوودەوەو ئیرادەیش پاش علم بە سوودی مەقسوودەکە تەرجیحی لای کردنی مەقسوودەکە ئەدا ، وە ئەو تەرجیحی لایەنی ئیرادەیە لازمی سیفەتی ئیرادەیەو (بالذات) تەرجیحەکە دێتە جێ •• بەهیچ جۆرێ جەبر لە مەزهەبی ئەشعەریدا پەیدا نابێ ، ئەوەندە هەیە ئەم مەبەستە وردەو بیری وردو راستی ئەوێ •

هەزاران رەحمەت لە گیانی سیالەکۆتی بۆ فەرموودەی جوانی ، بە راستی ئەگەر ئینسان تەماشای ئەو ئایەتانە بکا کە بە صەراحەت ئەڵێن : خودا تەکلیف بە کارێ ناکا کە لە توانادا نەبێو بەندەیش (مکلفو مأمورو منهین) •• ئەبێ بە بێ گومان بزانین هەر شتێکمان لێ بکرێ هەموو لە توانای ئێمەدایەو لە هەموویانا موختارینو ناچار نین •

وە ئەو ئایەتانە کە نیسبەتی فیعلو عەمەلو کەسب ئەدەن لە بەندەکانی خودا ، وەکو (لها ما کسبت وعلیها ما اکتسبت)و (کل امریء بما کسب رهین)و (قل اعملوا فسیری الله عملکم ورسوله)و (وان لیس للانسان الا ما سعی)و (فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره)•• هەموویان بەڵگەی رووناکن لەسەر ئەوە کە عەبد خاوەن ئیختیارە لەکارا •

کەوابێ ئەبێ ئیمامی (ابو الحسن اشعری) بیرو باوەڕەکەی لە کەسبا وەهابێ ئینسان قەناعەتی پێ‌بکا ، وەکو (عبدالحکیم) فەرمووی •

وە بازێ زانا فەرموویانە : مەذهەبی ئەشعەری ــ د ــ ئەمەیە کە بەندە قودرەتی هەیە بە جۆرێ تەئثیر بکا لە ئەفعالا بەلام ئەو تەئثیرە بە ئیذنی خودای تەعالایە ، وەکو خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) لە تەفسیری ئایەتی (وربك يخلق ما يشاء) دا نووسیویەتیو نیسبەتی داوە لە موحەقیق عەلامەی گۆرانی ــ خ ــ •

وە شێخ ئەبو مەنصووری ماتوریدی ــ خ ــ فەرموویەتی : کەسبی بەندە بریتیە لە سەرفی قودرەتو ئیرادەی بۆ فیعلی مەقسوود (مثلا) لە عەبدەوە بە ئیختیاری خۆی دەرچوە ، وەکو مەولانا خالید ــ د ــ لە نامەی (العقد الجوهری)دا بەیانی کردوەو ئەو کەسبە بە ئەمری ئیعتیباری دائەنێ •

وە مەعنای ئایەتی (وما تشاؤن الا ان يشاء الله) ئەوەیە مادام زاتی (واجب الوجود) مەوصووفە بە صیفاتی کەمالیەی خۆی لە ئەزەلاو ، بە علمی شاملی خۆی ئەزانێ ئەو ئامادەییە کە لە لای زەیدا هەیە لەسەر هۆشو ئارەزووی خۆی چۆن سەرفی ئەکاو تەعەلوقی ئیرادەو قودرەتی ئەو بە هەر شتێکەوە لە ئەسبابی عادەتی‌یە بۆ تەعەلوقی قودرەتی زاتی‌باری بەو شتەوە ، هەروا لە ئەزەلا ئیرادەی بە پێی ئەو علمە شامیلە رووی کردوەتە مەقسوودی زەید لە موستەقبەلا • ئەمجار لە عالەمی تەعەلوقاتی حادیثەداو لە کاتی ئیشو کاری رۆژانەدا مەشیئەتو خواستی باری تەعالا ئەکەوێتە پێش ئیرادەی زەیدەوە لەسەر مینهاجی علمی خودا بە کارو کردەوەی زەید، ئیتر مەعنای ئەوە نیە کە خواستی خودا لە پێش خواستی زەیدەوە روو ئەکاتە ئەو شتەو زەید مەجبوور ئەکا لەسەر ئیرادەی ئەو شتە •

وەلحاصل خودای تەعالا ئەزەلیو ئەبەدییەو عیلمی بە هەموو شتێکی عالەم هەیە لە کاتی دروستکردنیەوە هەتا هەتایە ، وە ئەزانێ هەرکەسێ چلۆن سەرفو تەوجیهی تواناو خواستی خۆی ئەکا . جا لەبەر ئەوە عیلم پلەی وا لە پێش ئیرادەوەو ، ئیرادە وا لە پێش قودرەتەوەو . عیلمەکەی خودا هەیە بە تەوجیهاتی کابرا هەر بەو نەوعە لە کاتی موستەقبەلا تەعەلوقی ئیرادەی خودای تەعالا ئەکەوێتە پێش تەعەلوقی ئیرادەی زەیدەوە بە پێشکەوتنی پایە نەك بە پێشکەوتنی بە (علية) چونکی مادام خودای تەعالا عالم بوەو عالە کە ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی ئەو شتەی ئەوێ ئیتر مەیدانی (علية)ی شتی تر نامێنێ ، وە بەم شێوە ئیختیار دامەزرا •

بێجگە لەمە بازێ لە زانا گەورەکان فەرموویانــە : (ان يشاء الله) مەنصووبە بــە نەزعی (خافض) ، یەعنی (وما تشاؤن الا بان يشاء الله)وە ئەو حەرفە بۆ موصاحەبەیەو ، حاصڵەکەی ئەوەیە : ئێوە ئیرادەی وەرگرتنی رێگەی راست ناکەن لەگەڵ خواستی خوادا نەبێ ، واتە : خواستی بەندە بە تەنیا بەس نیە ، بەڵکو پێویستە خواستی خودای لەگەڵدا بێ • واتە هەردوو خواستەکە پێویستن بۆ ئەوە نە بەندە سەربەخۆ بێ لە کارەکەداو نە خودایش (اجبار) = زۆرکردن بەکار بێنێو ، سیفەتی کەسبو پەیوەندی بەندە بێتە جێگە ، وە هێزی ئیرادەو قودرەتی خودایش تەنفیذی مەقسوودەکە بکا •

لە راستیدا هەر موسوڵمانێ کەمێ زانا بێ لە مانای ئەم ئایەتە ئەگا ، چونکی هەر وەکو زاتی ئینسان بە بێ خواستی خودای تــەعالا نــابێ سیفاتیشی هەروەها پێویستی بە مەشیئەتی خودا هەیەو ، مەشیئەتو کەسبی ئینسانیش لەوانەیە •

وە لە حەدیثی (حەسەن)دا هەیە : (ما شاء الله کان وما لم یشأ لم یکن)• واتە ئەوەی خودا بیەوێ بوەو ئەوەی نەیەوێ نابێ • جا رەحمەت لە دانەری ئەم شیعرانە کە ئەڵێ :

زاتی (واجب الوجـــود)ی کامیـل
زانـای تـەوانـای پـڕ فەیضی شامیل
وجوودی حەقـەو مەوجوودی ئەنوەر
(نـور الســماوات ذو العرش الاکبر)
وجـوودی عـالـەم ئـاثـاری ئـەوە
ئەگـەر بـزانی وجـــوود پڕتـەوە
خالیقی هـەمـوو ئـەجـزای کائینات
مەبـدەئی فەیـاض (کامل الصـفات)
تەعـەلوقـاتیـان هـەر لــە ئـەزەلا
رووی کــردە عـالـەم (أدنی أو أعلی)
هـەم تەعـەلوقیــان بـۆ مالایـەزال
لـە شـوئوونـاتە لـە بۆ (ذی الجلال)
پڕتـەوی خواســتو تەواناییی ئـەو
من ئەکـا بـە من ، ئـەو ئەکـا بـە ئەو
یـانی لـــە نـەبـوون عـەدەمی موطلـەق
هێنـــامی بۆ بـوون عـەینی موحەقـەق
ئەمەیـە مـەبـەس ئـەگــەر بـزانی
لـە (کـل یـوم هـو فی شـــان)
بـە عیلمی زاتی شـــــاميلو ئەعـەم
ئـەزانێ کـوللیو جوزئی لـە عالـەم
ئـەزانێ ئـەوەی داویـە بـە عیبـاد
لـە عیلمو عـەقـڵو مـایـەی ئیستیعداد

چۆن صــەرفی ئەکا ، خودا بەو نەوعــە
ئیرادەی ئەکــا ئەصـــلە یــا فــەرعــە
جــا لــەبــەر ســـەبقی زاتو صــیفاتی
لەســـــەر هەموو شـــت لــە کائیناتی
مەشـــــــیئەتی ئــەو ئــەبێ بــە ئیمام
بــۆ مەشـــــیەتی گیانلەبــەر بــە عــام
(ما شـــــــاء الله کــانَ) ئــاوایــە
(ومــا لــم یشـــــأ لم یکن) وایــە
ئــەمــەیــە مەعنــای (وما تشـــاؤن)
(الا ان یشـــــــاء فی السر المکنون)
ئیتر وا نیــە مەشـــــــییەی خـــودا
ئەبێ بــە (مجبر) لــە بــۆ ماســـیوا
تەفســیری وەهــا دوورە لــە مەقسوود
دوورە لــە یاســـــای خالیقی مەعبوود
ئــەمــە بزانــەو بــە عــەزمی ســـوپاس
ســـەر دانەوێنە بۆ حــەق بــە ئیخــلاص
سامییە هەرکەس مەشــرەب (نامی) بێ
لــە تەحقیقــاتــا وێنــەی (جــامی) بێ

* * *

(قُلْ : أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَداً إِلى يَوْمِ الْقِيامَةِ مَنْ إِلهٌ غَيْرُ اللهِ يَأْتِيكُمْ بِضِياءٍ ؟ أَفَلا تَسْمَعُونَ ! (٧١) قُلْ : أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللهُ عَلَيْكُمُ النَّهارَ سَرْمَداً إِلى يَوْمِ الْقِيامَةِ مَنْ إِلهٌ غَيْرُ اللهِ يَأْتِيكُمْ بِلَيْلٍ

تَسْكُنُونَ فِيهِ ؟ اَفَلا تُبْصِرُونَ ؟ (٧٢) ومِنْ رَحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمْ اللَّيْلَ والنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ ولِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ ولَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (٧٣)

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت بە پێغەمەری رەهبەر ــ د ــ : تۆ بڵێ بەو ئینسانە نەزانانە کە وا تەماشای ئەم هەموو نیعمەتانی خودایە ناکەن لە کاتو زەمانو ، لە بەرگو ئاوو نانو . لە زانستو پیشەو یاسای رۆزگارانو . لە پارازتنیان بە پیرۆزی ئەم زەوی حەرەمی مەکەیە کە وەکو شوورایە ئاسنین وایە بە دەوریانا •• بڵێ : ئا خەبەرم بدەنێ ئەگەر خودای تەعالا شـــەوی لەسەر ئێوە کرد بە کاتی نەبڕاوە تا رۆژی قیامەت ، واتە زەوی لە هاتوچۆ خستو هەر وەکو شەو بە تاریکی مایەوە ، کێ هەیەو چ خودایێ هەیە بێجگە لە خودای جیهان کە رووناکییەکی رەساتان بۆ بێنێ وەکو لە رۆژا ؟ ئایا ئێوە قسەی ئامۆژگاری نابیسن ؟

هەروا پێیان بڵێ : ئەگەر رۆژی کرد بە کاتی نەبڕاوە هـەتا رۆژی قیامەتو زەوی لە هاتوچۆ کەوت کێ هەیە بێجگە لە خودا کە شەوێکتان بۆ بێنێ تیایا دامەزرێنو ئارامی تیا بگرن ؟ ئایا ئێوە ئەم ئاثارانە نابینن هەتا بیانکەن بە بەڵگە لەسەر کرداری عەجیبو غەریبی خودا ، کە چلۆن ئــەم زەوییە هەڵئەسوورێنێ بە دەوری مەرکەزی خۆیاو ئەم شەوو رۆژەی لێ پەیدا ئەبێ تا بە رۆژا کاسبی بکەنو بە شەوا ئاسایش بگرن ؟

وە بزانن بازێکە لە میهرەبانی خودا کە شەوو رۆژی بۆ بڕیارداون هەتا لە شەوا ئارام بگرنو داوای ژیوارو رۆزی لە خودا بکەن لە رۆژا ، وە هیوا هەیە کە ئێوە لەسەر ئەم نیعمەتانە سوپاسی خودا بکەن •

(ویَوْمَ یُنادِیهِمْ ، فَیَقُولُ : اَیْنَ شُرَکائِيَ الَّذِینَ کُنْتُمْ تَزْعُمونَ ؟ (٧٤) ونَزَعْنَا مِنْ کُلِّ اُمَّةٍ شَهِیداً فَقُلْنا : هاتُوا بُرْهانَکُمْ ، فَعَلِمُوا اَنَّ الْحَقَّ للهِ وضَلَّ عَنْهُمْ ما کانُوا یَفْتَرُونَ) (٧٥)

باسی ئەو رۆژی رەشە داهاتوە بکە لەو رۆژەدا خودا بانگ ئەکا لەسەر زمانی مەئموورەکانی لەو کۆمەڵە کافرانەو ئەڵێ : وا لە کوێ ئەو شەریکانە گومانتان پێ ئەبردن‌و بە هاوڕێی خوداتان ئەزانین ؟ وە هەر لەو رۆژەدا لە هەر کۆمەڵێ لەو کۆمەڵە موشریکانە شاهیدێکی ئاگادار لەحاڵ جیائەکەینەوە، وەکو پێغەمەرەکەیان بێ، وە بەو ئوممەتانە ئەڵێین : بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر هاوڕێتی ئەو هاوڕێ درۆینانە ! ئەوانیش ئەزانن‌و بە تەواوی بۆیان روون ئەبێتەوە کە حەق لە خودایەتیدا هەر بۆ خودایەو ، هەر درۆو دەلەسەیێ کردبوویان هەمووی ون ئەبێ‌و بە دەستی خاڵی ئەمێننەوە •

(إنَّ قارُونَ کانَ مِنْ قَوْمِ مُوسی ، فَبَغَی عَلَیْهِمْ ، وآتَیْناهُ مِنَ الکُنُوزِ ما إنَّ مَفاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالعُصْبَةِ اُولِي القُوَّةِ إذْ قالَ لَهُ قَوْمُهُ : لاَ تَفْرَحْ ! إنَّ اللهَ لا یُحِبُّ الفَرِحِینَ (٧٦) وابْتَغِ فِي ما آتاكَ اللهُ الدَّارَ الآخِرَةَ ، ولا تَنْسَ نَصِیبَكَ مِنَ الدُّنْیا ، واَحْسِنْ کَمَا اَحْسَنَ اللهُ إلَیْكَ ، ولاَ تَبْغِ الفَسادَ فِي الاَرْضِ إنَّ اللهَ لا یُحِبُّ المُفْسِدِینَ) (٧٧)

خودای تەعالا لە پاش ئەوە کە باسی ئەو کافرانەی بۆ حەزرەت کرد ویستی باسی بازێ ئینسانی گومڕای زەمانی پێشوو بکا کە بە ماڵی دنیاو

دارایی بابی بوون . وەکو قاروون ، کە بازرگانێکی گەورە بوو لـــە ناو بەنی ئیسرائیلدا .

جا خودا فەرمووی : بە راستی قاروون لە کۆمەڵی موسا بووەو داراو دەوڵەمەند بوو ، دوایی گومڕا بوو . داوای ئەوەی کرد بیکەن بە گەورەی خۆیان‌و ئەیوت : مادام پێغەمەرێتی‌و رەهبەری بە دەســتی موساوەبێ‌و ، سەربڕینی قوربانی‌و کارەکانی تر بە دەستی هـــارونەوە بێ . من چیم بۆ ئەمێنێتەوە ؟ ئەوەندەمان ماڵ‌و دارایی دابوویێ کـــە هەر کلیلی دەرگای خەزێنەکانی ئەوەندە قورس بوون کومەڵێکی بە هێز بە زەحمەت هەڵیان ئەگرتن . لەو سەردەمەدا گەلەکەی پێیان وت : بەم ماڵی دنیایە کە هەتـــە کەیف‌خۆش مەبە ؛ چونکی خودای تەعالا ئینسانی وای خۆش ناوێ کە بە ماڵی دنیا شادمان بێ‌و مافی هەژاران‌و داماوان بخوات‌و ، لەم ماڵی دنیا کە خودا پێیداوی مایەی شادمانی پاشەڕۆژت دەس بخەو بەشی خۆیشت لـــە رابواردنی دنیا واز لێ‌مەهێنەو بە جۆرێ بژی کە هۆی ســوودی کۆمەڵ بێ‌و ، چاکەو پیاوەتی لەگەڵ خەڵکدا بکەو ، بەشی خەڵکی بدە لەم ماڵ‌و سامانەت ، بە نان‌و چێشت بۆ گەداو هەژاران‌و ، بە بەرگ‌و پۆشـــاك بۆ رووت‌و داماوان ، پەیڕەوی واجباتی ئایین بکە لە ناو خێزانی خۆتاو لەگەڵ موستەحەقاناو ، هەرگیز شوێن خراپە مەکەوە . بە راستی خودای تەعالا بەدکارانی خۆش ناوێ ، چونکە ئەوەی بە ساڵێ چاك بکرێ بەدکار بـــە سەعاتێ وێرانی ئەکا .

(قَالَ : إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي ، أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعاً ؟ وَلَا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ) (٧٨)

قاروون لە وەڵامی ئەوەدا کە پێیان وت چاکە بکە لەگەڵ خەڵکدا وەکو خودا چاکەی لەگەڵدا کردووی وتی : من ئەم ماڵەم لەسەر بناغەی زانستی خۆم دەستکەوتوەو بە زانایی‌و ئازایی خۆم پەیدام کردوە ! جا خودای تەعالا بەرپەرچی ئەو قسەی ئەداتەوەو ئەفەرموێت : ئایا قاروون نازانێ لە پێش ئەودا خودا لە خەڵکی چەرخە پێشوەکان چەندی لەناوبرد ، لەوانەی کە لەو بەدەستەلاتر و بەهێزتر بوون ، وە کۆمەڵەو دەستەو بەستەیشی زۆرتر بوون‌و؟ وە تاوانباران کاتێ هاتنە سەر لەناوچوون‌و وەختی لەناوبردنیان هات پرسیار لە تاوانیان ناکرێ •

(فَخَرَجَ عَلى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ ، قالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الحَياةَ الدُّنْيا : يا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ ما اُوتِيَ قارونُ ، إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ! (٧٩) وقالَ الَّذِينَ اوتُوا العِلْمَ : وَيْلَكُمْ ثَوابُ اللهِ خَيْرٌ لِمَنْ آمَنَ وعَمِلَ صالِحاً ولا يُلَقَّاها إلاَّ الصَّابِرُونَ) (٨٠)

پاش ئەو پەندداران‌و دەرزە رۆژێ قارون بە جوانی‌و کەشخەو بەرگ‌و پۆشاکی نایابەوەو لەگەڵ دەستەوبەستەیا چوە دەرەوە ، بە ناو خەڵکدا گەڕا • جا ئەو کەسانە کە هەر ژیانی دنیایان ئەویست وتیان : کاشکی ئێمە لە ماڵی دنیادا وێنەی ئەوەمان ببوایە کە دراوە بە قارون ، بە راستی قارون بەشێکی گەورەی هەیە •

وە ئەوانەیش کە زانیاری بەکەڵکیان هەبوو شتێکیان لە ئایین ئەزانی وتیان : هاوار بۆ ئێوە (ماڵتان ویران بێ !) بیر لە چی ئەکەنەوە ؟ ئەمە هیچ

نیه خێرو پاداشی لای خودا لە پاشەڕۆژا زۆر لەمە چاکترە بۆ کەسێ کە باوەڕی کردبێ‌و کردەوەی باشی هەبێ ؛ بەلام ناگا بەم پایە ئەوانە نەبێ کە خۆگرن لەسەر تەرکی شتی حەرام‌و کردنی شتی چاك •

(فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الأَرْضَ ، فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللهِ ، وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ (٨١)
وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْا مَكَانَهُ بِالأَمْسِ يَقُولُونَ : وَيْكَأَنَّ اللهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ ، لَوْلَا أَنْ مَنَّ اللهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا ، وَيْكَأَنَّهُ لا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (٨٢)
تِلْكَ الدَّارُ الآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لا يُرِيدُونَ عُلُوّاً فِي الأَرْضِ وَلا فَسَاداً وَالعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ) (٨٣)

جا قارون بە خۆی‌و خانووبەرەو ماڵ‌و داراییەوە رۆمان برد بە زەویداو کەسیشی نەبوو هیچ کۆمەڵێ نەبوو لە سزای خودای رزگار بکاو خۆیشی لەوانە نەبو کە خۆی بگرێ‌و خۆی لەو سزا دەرباز بکاو . ئەو کەسانەیش دوێنێ خۆزگەیان بۆ پایەو مایەی ئەو ئەخواست ئەیانوت : ئەی عەجەب لە نەزانینی ئێمە بە سیری قەزاو قەدەر ! وامان ئەزانی هەرکەسێ رۆزی زۆر بێ ئەوە لە لای خودادا بە رێزەو نەمانزانی خودا بە حیکمەتی خۆی رۆزی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی ببێ لە بەندەکانی‌و کەمیشی ئەکا بۆ هەرکەسێ بیەوێ کەم رۆزی بێ ، وە ئەو رۆزییە بە کەم‌و زۆری نیشانەی کەم‌و زۆری پایە نیە لای خودا •

گـەلی گـەداكـان دۆســـتن بـۆ خـودا
دارا دوژمنن بــە بیــرو ســـەودا
گـەلی دەوڵـەمـەنـد دۆسـتی خودایە
گەلی فەقیریش لای ئـەو رســـوایە

وە ئەگەر خودا میهرەبانی لەگەڵا نەکردایەین دارایی زۆری پێ ئەدایןو ئێمەیش وەکو قارون بێ ئەدەب ئەبووینو رۆیئەبردین بە زەویدا ، ئـەی براکان کافران لە سزا رزگار نابن •

وە ئەو ماڵی شادیو خۆشحاڵییەو ئەو خانووی خاوەن کەیبانووی قیامەتە کە هەتا هەتایە جێگەی شایەو بێ لەرزو تایە جێگەو شـوێنی ئەو کەسانەیەو بۆ ئەوانەمان بڕیارداوە کە لە زەویدا بەرزییـان ناوێ بـە ستەمکاریو ناهەمواریو خراپەیان ناوێ بۆ کۆمەڵایەتیو روو ئەکەنـە خودای خۆیانو لەسەر فەرمانی ئەو ئەژینو ئەنجامی باش بۆ ئەوانەیە کە خۆیان ئەپارێزن لە تاوانباریو شەرمەساریو فەرامۆشکاری هەتا ئەگـەن بە مەرامی خۆیان •

(مَنْ جاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْها، ومَنْ جاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلا يُجْزَى الَّذِينَ عَمِلوا السَّيِّئاتِ إِلاّ ما كانُوا يَعْمَلُونَ) (٨٤)

هەرکەسێ چاکە بێنێتە مەیدان لەگەڵ خوداو لەگەڵ ئینسانو لەگەڵ باقی گیانلەبەراناو لەسەر رێگەی ئایین بڕوا بـە میزان ئەوە جەزای چاتر لـەو چاکەی خۆیە هەیە ؛ چونکە لە یەك بە دە تا یەك بە حەوصەدو زیاتر لەوەیشی بۆ ئەبێ بە مەیلی خودا ، وە هەرکەسێ خراپە بکا بەرابەر بە خوداو بـە

خەڵك ئەوە ئەوانە هەر بە گوێرەی خراپەکەی خۆیان تۆڵەیان لێ ئەسێنرێتەوەو بۆیان زیادو چەن قات ناکرێتەوە • وە ئەم یاسا یاسای رەحمەتی خودایە •

(إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ ، قُلْ : رَبِّي أَعْلَمُ مَنْ جَاءَ بِالْهُدَى وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) (٨٥)

بە راستی ئەی خۆشەویست ئەو کەسە کە قورئانی بۆ تۆ ناردوە بە بێ ئیختیاری خۆت ، وەکو شتێ فەرز بکرێ لەسەر کەسێ فەرزی کردوە لەسەر تۆ بیگەیەنی بە جیهاناو فەرزی کردوە لەسەر تۆ بیخوێنیتەوە ئەو کەسە تۆ ئەنێرێتەوە بۆ ئەو شوێنەو بۆ ئەو پایە بۆت بڕیاردراوە ، پایەی جیهانت بڵاوکردنەوەی نووری ئیسلامە لە عالەماو دەوامی مەقامو شانتە لە جیهانا تا دنیا ئەمێنێ • وە پایەی قیامەتیشت ئەوەندە زۆرە ناژمێررێنو ، لە گەورە پایەی رۆژی قیامەتە کە تۆ یەکەم کەسێکی لە مەرقەدەکەت دەرئەچی بۆ مەحشەرو شایەتی ئەدەی لەسەر شەهادەتی ئوممەتەکەت لەسەر هەموو ئوممەتی پێغەمەران لە جیهانا ، وە یەکەم کەسێکی کە شەفاعەتی گەورەو تکای بێ هاوتا ئەکەی لای خودا بۆ رزگاری ئادەمیزادو لە شوێنی وەستانی خۆیاناو لێخوڕینیان بۆ حساب ، کە بە مەقامی مەحموود مەشهوورە • وە یەکەم کەسێ کە دەرگای بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوە تۆی •

بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : مەبەس لە (معاد) شاری مەکەیەو ئەم ئایەتە لە سەفەری کۆچی حەزرەتا بۆ مەدینەی مونەوەرە لە (جحفە)دا هاتەخوارەوە • واتە ئەو کەسە کە قورئانی بۆ ناردیتەخوارەوەو دنیای بۆ رووناك کردیتەوە لە ئەنجاما پاش ئەم کۆچەت بۆ مەدینە ئەتگێڕێتەوە بۆ شوێنی ئەصڵی خۆت کە مەکەیە بە فەتحو سەرکەوتنو

پایەو ڕێز ، جا ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە : خوای من ئەزانێ بەو کەسانە کە هاتوون بە هیدایەتو ئەسبابی شارەزاکردنی ئادەمیزاد بۆ ڕێگەی خوداناسی ، وە بەو کەسانە کە کافرنو وان لە ناو گێژی گومڕایی دیاریدا •

(وما كُنْتَ تَرْجُو انْ يُلْقَى إلَيْكَ الْكِتَابُ إلاَّ رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ ، فلا تَكُونَنَّ ظَهِيراً لِلْكافِرِينَ) (٨٦)

ئەی خۆشەویست تۆ بزانە لە کوێوە خودا گەیاندیتی بە کوێ ؟ تۆ هیوای ئەوتە نەبو کتێبی پیرۆزت لە لای خوداوە بۆ ڕەوانە بکرێو بگاتە لای تۆ بە شێوەی زیادەمیهرەبانی خودای تۆ نەبێ ، کە مادام خودا ئەو کتێبەی بۆ ناردیو دڵی تۆی کرد بە خەزێنەی ئەسرارو بە جیلوەگای ڕووناکی قەت مەبە بە پشتیوان بۆ کافرەکان هەرکەس بنو هەرچۆن بن •

(ولا يَصُدُّنَّكَ عَنْ آياتِ اللهِ بَعْدَ إذْ اُنْزِلَتْ إلَيْكَ ، وادْعُ إلى رَبِّكَ ، ولا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) (٨٧)

با لات نەدا لە گەیاندنی ئایاتی خوداو لە ڕەفتارکردن پێیان پاش ئەوە کە ڕەوانەکران بۆ لای تۆو ، هۆشیاران بانگ بکە بۆ لای خودای خۆت بۆ فەرمانی ئەو بۆ تەوحید بۆ هێزدان بە حەق بۆ لابردنی کاری نابارو بیرو اوەڕی ناهەموار ، وە لە کۆمەڵی کافرەکان مەبە ، واتە هەرگیز یارمەتییان مەدە •

(وَلا تَدْعُ مَعَ اللهِ إلهاً آخَرَ . لا إلهَ إلاّ هُوَ ، كُلُّ شَيْءٍ هالِكٌ إلاّ وَجْهَهُ ، لَهُ الحُكْمُ وإلَيْهِ تُرْجَعونَ) (٨٨)

لەگەڵ خودادا خودایەکی تر بانگ مەکە ، هیچ کەسێ نیە کە بەندەیی بۆ بکرێ زاتی (واجب الوجود) نەبێو هەموو شتێ غەیری خودای تەعالا هەر (مسکنە)و بوونو نەبوونی وەك یەك وایە لەوانەیە بمێنێو لەوانەیشە نەمێنێ ، وە فەرمانو ئەمری کار هەر بۆ خودایە لە ئیجادی مەعدوومو لە بەشدانی بێبەشو بێنەواداو ، هەر بۆ لای خودا ئەگێڕرێنەوە بۆ حیسابو کیتابو پاداشو تۆڵە •

سوورەتی (عەنكەبووت) مەكی‌یە لە ئایەتی یەكەوە نەبێ تا ئایەتی یازدە ، ئەوانە مەدەنین ، ٦٩ ئایەتە ، دوای سوورەتی (روم) هاتووەتە خوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(ألم (١) . اَحَسِبَ النَّاسُ اَنْ يُتْرَكُوا اَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ ؟ (٢) ولَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، فَلَيَعْلَمَنَّ اللهُ الَّذِينَ صَدَقُوا ، ولَيَعْلَمَنَّ الكاذِبِينَ) (٣)

ئەم سوورەتە پیرۆزە ناوی (الم)ە . لە شانی كۆمەڵێ لە ئەصحابی حەزرەتدا هاتەخوارەوە كە لە لایەنی كافرەكانەوە ئازار درابوون •

وە بازێ وتوویانە : لە شانی عەمماری كوڕی یاسیردا هاتووەتە خوارەوە كە لە ڕێگەی خودادا سزا درابوو •

وە بازێ ئەڵێن : سەبارەت بە (مهجع) ئازادكراوی حەزرەتی عومەری كوڕی خەطاب هاتووەتە خوارەوە . كە عامیری كوڕی حەضرەمی بە تیرێ لە رۆژی بەدرا كوشتی‌و باوكو دایكی زۆر بۆی پەرێشان بوونو خێزانەكەی زۆر بۆی ئەگریا •

واتە : ئایا گومان وا ئەبەن ئەم کۆمەڵەی دەوری حەزرەتە کە بەرەلا بکرێن‌و ئازاریان نەدرێ‌و بە ئاسایش بژین بەس هەر بەوە کە بڵێن ئیمانمان هەیەو ئیتر تووشی تاقیکردنەوەو ئازار نەبن ؟ بە راستی ئەوانەی کە لە پێش ئێوەدا ئیمانیان هێنا ئازارمان دان‌و بە تاقیکردنەوەدا رۆیشتوون‌و لەگە ئەوەیشدا پێی رازی بوون ، خودای تەعالا ئەیەوێ کە عیلمی تەعەلوق ببەستێ بە کارو کردەوەی ئەوانەوە کە لەگەڵ خودادا راست ئەکەن‌و ئەوانەیش کە درۆ ئەکەن‌و باوەڕەکەیان بە دەمەو بەس •

عاشقی صادق بەراورد ئەکرێ
باری بەردینی بە شانا ئەدرێ
گرانتر لە گشت جەوری رەقیبان
ئەمجار ئیستیغناو نازی حەبیبان
ئەیەوێ دڵت کون‌کون بێ‌و زامار
بێ طەبیبی دەرد ، بێ دەوای بیمار
خۆ نابێ لای کەس بڵێ زامارم
یا لای دوکتۆران بڵێ بیمارم
نامە بنووسێ لەسەر پەڕەی گوڵ
بەچی ؟ بە خوێناو ، یانی خوێنی دڵ
بۆ لای کێ ؟ بۆ یار ، نایخوێنێتەوە
تا زامەکەی من بکولێنێتەوە
کە هاوارم کرد نابیسێ دەنگم
کە ئازارم گرت نابینێ رەنگم
ئەگەر ببینێ تکێ خوێنی دڵ
ئەیکا بە نیشان تا دێتە مەنزڵ

وێنـەی نەچیری زامـاری کۆســار
بە خوێن بۆی ئەچن تـا پەنـای موغـار
بـە نیوەگیـانی باش ســەری ئەبـڕن
بێ سووچ ، بێ ئەسباب ، یەخەی دائەدڕن
هەمووم پێ خۆشــە بـەو مەرجە یـارم
لــە پـاش مـردنـم بێ بـۆ مــەزارم
لەســـەر گۆڕەکـەم ڕاوەستێ تاوێ
تەماشـــام بکا بـە گۆشــەی چاوێ
ئـەم تەنیـا نیـگا بەســە بۆ (نامی)
بـۆ مـزدی کـاری دەورەی غــولامی

★ ★ ★

(اَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ اَنْ يَسْبِقُونَا ؟ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ) (٤)

یا خەیر تۆ لادە لە گومانی ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە بۆ بەرەڵابوونیان بە بێگیرۆدە بوون بە ئازار . بێ بۆ لای ئەم کافرانەیش کە لەسەر کوفرو کردەوەی نابار دەوام ئەکەنو ئازاری موسوڵمانەکان ئەدەن ، ئایا ئەمانە کە بەم کارە نابارانەوە خەریکن گومانیان وایە لە دەست ئێمە دەرچنو تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانەیان لێ ئەسێنینەوە ؟ زۆر بێ بایەخو پووچە ئەوەی ئەوان گومانی پێ ئەبەنو حوکمی پێ ئەکەن ؛ چونکی لە کاری کەس بێئاگا نینو، حەقی کەسیش فەرامۆش ناکەین .

(مَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ اللهِ فَإِنَّ اَجَلَ اللهِ لَآتٍ ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٥) وَمَنْ جَاهَدَ فَإِنَّمَا يُجَاهِدُ لِنَفْسِهِ . إِنَّ اللهَ لَغَنِيٌّ

عَنِ العَالَمِينَ (٦) والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ولَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ) (٧)

جا هەرکەسێ خودای خۆش ئەوێ‌و ئومێدی ئەوەی هەیە بەسەربەرزی بگا بە حوزووری خودا ، ئەوە با باوەڕی بەهێز بێ بەوە کە ئارەزووەکەی دێتە جێ ؛ چونکە ئەو وادە خودا داینواوە بۆ تەواوبوونی ژیانی دنیا بێ گومان دێت‌و خودایش بیسەرە بۆ هەموو وتارێکی خێرو زانایە بە هەموو کردەوەیەکی باش‌و پاداشی خاوەنەکەیان ئەداتەوە •

وە هەرکەسێ لە رێگەی رەزای خودادا سەعی ئەکاو تێئەکۆشێ.ئەوە جیهادەکەی بۆ خۆیەتی‌و پاداشەکەیشی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوەو خودا سوودێ لەو جیهادە وەرناگرێ‌و بێ‌نیازە لە عالەم •

وە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەکەن ، ئەوە لە کردەوە خراپەکانی خۆش ئەبێن‌و دایانئەپۆشین‌و پاداشی باشەی ئەدەینەوە؛ ئەگەر کوفری نەبووبێ‌و هەر کردەوەی خراپی بووبێ ئەویش هەروا بە ئیمانەکەی‌و کردەوە باشەکانی تاوانەکانی دائەپۆشین‌و لەناو کردەوە باشەکانیا بە پێی باشترین کردەوەی پاداشی ئەدەینەوە ، بۆ نموونە ئەگەر دە نوێژی سوننەتی کردبێ کامیان لە هەموویان باشتر بوە ئەوە ئەکەین بە کێش بۆ پاداشی باقی نوێژەکان،وە ئەگەر دە جار خۆراکی دابێ بە داماوان کامجاریان خۆراکەکەی باشتر بووبێ بۆ داماوان لەسەر ئەو چاکە پاداشی هەموویان ئەدەینەوە ؛ چونکی ئێمە بۆ بەهانەی قار ناگەڕێین ، بەڵکو بۆ رێگەی چاوپۆشی‌و لێبوردن ئەڕوانین •

(ووَصَّيْنا الإنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْناً ، وإنْ جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي ما لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلا تُطِعْهُمَا ، إليَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلونَ (٨) والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِي الصَّالِحِينَ) (٩)

خودای تەعالا ئەفەرموێت : ئامۆژگاری ئینسانم کردوە بەرابەر بە باوكو دایكی بە ئامۆژگارییەكی جوان،كە بریتییە لە رەفتاری باش لەگەڵیانا لە كارو باری ژیانا بە هەموو جۆرێو ، حاڵیمان کردوە ئەگەر باوكو دایكت هەوڵیان لەگەڵ دای بۆ ئەوە شتێكی وا بكەی بە هاوڕێی من كە خۆت باوەڕت پێی نیەو بە شیاوی نازانی ، ئەوە تۆ لەو كارەدا پەیڕەوی ئەوان مەكەو دروست نیە پەیڕەوی مەخلوق بكرێ لە شتێكدا ئەبێ بە هۆی یاخیبوون لە خالیق • گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای منە ، ئەوسا خەبەرتان ئەدەمێ بە پاداشو تۆڵەی كردەوەكانتان •

ئەم ئایەتە لە مەكەدا لە شانی سەعدی كوڕی ئەبی وەقاصو (حمنە)ی دایكیا هاتەخوارەوە • كاتێ سەعد موسوڵمان بوو باوەڕی بە ئیسلام هێنا (حمنە)ی دایكی سوێندی خوارد كە هیچ نەخواو نەخواتەوە هەتا سەعد واز لە ئیسلام دێنێو دەگەڕێتەوە بۆ سەر كوفر ، جا سەعد گوێی پێ نەداو حەمنە ناچار بو دوای سێ رۆژ سوێندەكەی شكاندو وەكو جاران دەستی كردەوە بە خواردن •

وە ئەو كەسانەیش كە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر هەیەو كردەوەی باش ئەكەن بێگومان ئەیانخەینە ناو ریزی پیاوە باشەكانەوە •

(ومِنَ النَّاسِ مَنْ يَقولُ : آمَنَّا باللهِ ، فإذا اُوذِيَ في اللهِ جَعَلَ فِتنَةَ النَّاسِ كَعَذابِ اللهِ ، ولَئِنْ جاءَ نَصْرٌ مِنْ رَبِّكَ لَيَقولُنَّ : إنَّا كُنَّا مَعَكُمْ ، اَوَلَيْسَ اللهُ بِاَعْلَمَ بِمـا في صُدورِ العالَمِينَ ؟ (١٠) ولَيَعْلَمَنَّ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا ولَيَعْلَمَنَّ المُنافِقِينَ) (١١)

وه له ئادەمیزادە کەسێ کە ئەڵێ : ئیمانم بە خودا هێنا ، جا کاتێ کـە ئازاری درا لە بارەی ئیمان بە خوداوە ، دێ موساوات ئـەخا لـە نێوان ئازاردانی خەڵکە کافرەکانا بۆ ئەوان لەسەر ئەوە لە کوفرەوە دەرچوون بۆ ئیسلام ، وە سزای خودا بۆ ئەوان لە قیامەتا لەسەر ئەوە لـە ئیسلامەوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفر ، نازانن لە نێوان ئەم دوو سزادا جیاوازی زۆرەو ، سزای دنیا لە چاو سزای قیامەتا ئاوخواردنەوەیە نیسبەت بە سووتان ! وە ئەگەر یارمەتیو سەرکەوتنێك لە لایەنی خوداوە بێت بۆ موسـولمانەکان ئەڵێن : بە راستی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا بووین ، کە وابێ بمانکەن بە هاوبەشی ئەم خێراتە ، ئەیانەوێ بە قسە موسوڵمانەکان بخەڵەتێنن ، ئایا خودا لەوان زاناتر نیە بەوەی وا لە دڵی خەڵکا ؟ بەڵێ زاناترە • بە راستی خودا زانایە بەوانە کە باوەڕی راستەقینەیان هەیەو ئاگاداری ئەوانەیشە دووڕوون : بە زاهیر موسوڵمانن‌و ، لە دڵا کافرن •

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا : اتَّبِعُوا سَـبِيلَنا ولْنَحْمِلْ خَطاياكُمْ ، وما هُمْ بِحامِلِينَ مِنْ خَطاياهُمْ مِنْ شَيْءٍ ،إنَّهُمْ لَكاذِبُونَ (١٢)ولَيَحْمِلُنَّ اَثْقالَهُمْ واَثْقالاً مَعَ اَثْقالِهِمْ ، ولَيُسْألُنَّ يَوْمَ القِيامَةِ عَمَّا كانُوا يَفْتَرُونَ) (١٣)

وه كافره‌كان ئه‌ڵێن به‌و كه‌سانه كه باوه‌ڕیان هه‌یه‌و موسوڵمانن : بێنه‌وه بۆ لای ئێمه‌و په‌یڕه‌وی ئێمه بكه‌ن هه‌ر تاوانێكتان ببێ بۆتان هه‌ڵئه‌گرین ، وه ئه‌وانه درۆ ئه‌كه‌ن‌و هیچ جۆره گوناهێكی ئه‌وان وه‌رناگرن‌و هه‌ڵناگرن‌و، به‌ڵكو له ڕۆژی قیامه‌تا باری قورسی تاوانی خۆیان هه‌ڵئه‌گرن‌و زیاد له‌وه‌یش چه‌ن بارێكی تر سه‌رباری باره‌كانی خۆیان ئه‌درێ به كۆڵیانا •

جا باره قورسه‌كانی خۆیان بریتییه له كوفره‌كه‌ی خۆیان‌و سه‌رباره‌كه‌یش بریتییه له‌وه ئه‌بن بـه هۆی گه‌ڕانه‌وه‌ی موسـوڵمانه‌كان‌بۆ كوفركردن ، په‌نا به‌خودا •

واته ئه‌گه‌ر خاوه‌ن باوه‌ڕه‌كان په‌یڕه‌ویشیان نه‌كه‌ن ئه‌وه هـه‌ر بـه پێشنیاره‌كه‌یان تاوانبار ئه‌بن ، وه ئه‌گه‌ر به قسه‌یان بكه‌ن‌و پاشگه‌ز ببنه‌وه ئه‌وه‌وا ئه‌مان بوون به هۆی ئه‌و كوفری ئه‌وانه‌و پێویسته ئـه‌و باره‌یش سه‌رباریان بێ •

وه له ڕۆژی قیامه‌تا پرسیاریان لێ ئه‌كرێ له‌م درۆیانه كـه ئه‌وان هه‌ڵیان‌ئه‌به‌ستن • وه‌كو ئه‌وه بێ كه ئه‌ڵێن : ئه‌گه‌ر ئێوه كافر ببن ئێمـه گوناهه‌كانتان بۆ هه‌ڵئه‌گرین •

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ ، فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلاَّ خَمْسِينَ عَاماً ، فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ ، وَهُمْ ظَالِمُونَ ﴾ (١٤)

وه به‌ڕاستی نوحمان ڕه‌وانه‌كرد بۆ سه‌ر گه‌له‌كه‌ی له عیراقا ، جـا ئه‌ویش ٩٥٠ نۆصه‌دو په‌نجا ساڵ له ناویانا مایه‌وه ، له‌و ماوه‌دا هه‌ر بانگی

ئەکردن بۆ ئیمان بە خودای تەنیاو بۆ وەرگرتنی ڕێگەی خودا بەیەکناسیو ، وازهێنان لە بتپەرستیو کردەوەو خوو رەوشتی ناپەســـەند ، وە ئەوان ساڵبەساڵ ناپیاوترو بەدڕەوشتتر ئەبوون ، هەتا حەزرەتی نوح دۆعای لێ کردنو خودای تەعالا دۆعاکەی قەبووڵ کردو ، ئاو بەسەریانا (هەڵساو) ، لافاوو تۆفان خنکاندنی لە کاتێکدا ئەوان ستەمکار بوون •

(فَأَنجَيْنَاهُ وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ ، وجَعَلْنَاهَا آيَـــةً لِلْعَالَمِينَ) (١٥)

جا نوحو ئەوانەی لەگەڵ نوحدا ئیمانیان هێنابوو سواری کەشتییەکە بوون لە خنکان رزگارمان کردن ، وە ئەو کەشتیە ، یا کارەساتی لافاوەکەمان کرد بە پەند بۆ ئادەمیزاد کە پەند لە ڕووداوی رۆژگار وەرگرێ •

(وإبراهيمَ إذْ قالَ لِقَوْمِهِ : اعْبُدوا اللهَ واتَّقُوهُ ، ذلِــكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (١٦) إنَّما تَعْبُدونَ مِنْ دُونِ اللهِ أَوْثاناً ، وتَخْلُقُونَ إفْكاً ، إنَّ الَّذِينَ تَعْبُدونَ مِنْ دُونِ اللهِ لا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقاً،فابْتَغُوا عِنْدَ اللهِ الرِّزْقَ واعْبُدوهُ واشْكُرُوا لَهُ ، إلَيْهِ تُرْجَعونَ (١٧) وإنْ تُكَذِّبُوا فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِنْ قَبْلِكُمْ ، وما عَلى الرَّسولِ إلاَّ البَلاغُ المُبِينُ) (١٨)

وە باسی ئیبراهیم ــ د ــ بکە ، باسی ئەو کاتەی کە فەرمووی بـــە گەلەکەی لە وڵاتی (بابل)دا : ئەی گەلی خۆم بەندەیی بۆ خودا بکەنو لە

خودا بترسن ، ئەوە باشترە بۆ ئێوە نەك بتپەرستی . ئەگەر بە چاکەو خراپە بزانن‌و لە یەکیان جیا بکەنەوە ، ئیستە ئێوە بەندەیی بۆ چەن بتێ ئەکەن‌و لە بەندەیی خودا دوورئەکەونەوەو درۆ هەڵئەبەستن کە ئەڵێن : ئەم بتـــانە شیاوی ئەوەن بەندەییان بۆ بکرێ ؛ چونکی بێگومان ئەو بتانە کە ئێوە بێجگە لە خودا بەندەییان بۆ ئەکەن توانای ئەوەیان نیە سوود بگەیەنن بـە ئێوەو خاوەنی رۆزی ئێوە نین ، برۆن داوای رۆزی لە خودای جیهان بکەن‌و بەندەیی بۆ ئەو بکەن‌و سوپاسی نیعمەتەکانی ئەو بکەن ، ئێوە بۆ لای خودا ئەگێرڕێنەوە ، وە ئەگەر هەر من بەدرۆئەخەنەوە ئەوە قەی‌ناکە ؛ چونکی ئێوەیش وەکو گەلە پێشوەکان وانەو ئەوانیش گەلێ لە رەهبەرانی خودایان بەدرۆخستەوەو ، خوایش قاری لێ‌گرتن ، ئەگەر ئێوەیش وەك ئەوان بکەن خودا لەسەر یاسای خۆی ئەڕواو من ئەمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم‌و رەهبەران هەر ئەوەیان لەسەرە پەیام‌و فەرمانی خودا بە روونـاکی بگەیەنن •

(أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِيءُ اللّٰهُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ؟ إِنَّ ذٰلِكَ عَلَى اللّٰهِ يَسِيرٌ) (١٩)

ئایا ئەم خەڵکە تەماشا ناکەن‌و بە دڵ بیرناکەنەوە هەتا بزانن چۆن خودای تەعالا ئیجادی ئەشیا ئەکا ؛ گیانلەبەران لە ئاوی باوك‌و دایك‌و ، گیاو دار لە تۆوو لە ریشەو ، لە قەڵەم‌و لە پێشە ، وە چۆن پێیان ئەگەیەنێ‌و چۆن ئەیانمرێنێ‌و چۆن بۆ جاری دوەم زیندوویان ئەکاتەوە ؟ بێگومان ئەم جۆرە کارانە لای خودا ئاسانن •

بزانن ! ئەگەر کەسێ بڵێت : باشە وا ئێمە چاومان پێ‌ئەکەوێ کە گیا
لە بەهارانا ئەڕوێت‌و لە هاوینا ئەکەوێت‌و لە بەهارێکی‌ترا ئەڕوێتەوە ..
بەڵام کەی چاومان کەوتوە بە ئینسانێ کاتێ پاش ماوەی ژیانی خۆی مردبێ
جارێکی تر زیندووبوویێتەوە ؟

لە وەڵامدا ئەڵێین : مادام یەکێ بە چاوی خۆی تەماشا بکا گیا لە تۆو
سەوز ئەبێ‌و لە پاش بەرزەوەبوون‌و پێگەیشتن ئەکەوێ‌و بۆ ساڵی دوایی
ئەڕوێتەوەو ، بە دڵ بیر بکاتەوە کە ئاثاری خاوەن یاساو نیظـــام لە هێزی
(لا شعوری)و نەفامیەوە نابێ‌و ، دیارە ئاثاریش بە بێ (مؤثر) نابێ .. ئەبێ
بزانێ ئەو ئاثارانە ئاثاری پەروەردگارێکی تەوانان . کە وابو دەرکەوت کە
پەروەردگار لە هەموو کاتێکدا هەیەو هێزی وەکو خۆی بەردەوامە ؛ ئاثارو
شوێنەواریش هەموو لە (مومکینات)ن‌و بوون‌و نەبوونیان وەك یەکە ...
ئەزانێ وەکو خودا یەکەم جارئادەمیزاد دروست ئەکا ؛ وەها ئەتوانێ لـــە
پاش مردنیش جارێکی دیکە زیندووی بکاتەوەو دروستی بکاتەوە .

(قُلْ : سِيرُوا فِي الاَرْضِ ، فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الخَلْقَ ،
ثُمَّ اللهُ يُنْشِيءُ النَّشْأَةَ الآخِــرَةَ ؟ إنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَــيْءٍ
قَدِيرٌ (٢٠) يُعَذِّبُ مَنْ يَشاءُ ويَرْحَمُ مَنْ يَشَاءُ ، وإلَيْـــهِ
تُقْلَبُونَ (٢١) وما اَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ فِي الاَرْضِ ولا فِيالسَّماءِ ،
وما لَكُمْ مِنْ دونِ اللهِ مِنْ وَلِيٍّ ولاَ نَصِيرٍ (٢٢) والَّذِينَ كَفَرُوا
بِآياتِ اللهِ ولِقائِهِ اولائِكَ يَئِسُوا مِنْ رَحْمَتِي واولائِكَ لَهُمْ
عذَابٌ اَلِيمٌ (٢٣)

واته : تۆ بڵێ به‌و ئاده‌میزادانه : بڕۆن بگه‌ڕێن به‌ســـــه‌ر زه‌ویداو بیربكه‌نه‌وه چۆن خودای ته‌عالا ده‌س ئه‌كا به دروستكردنی شتێ كه بیه‌وێ بیكات ؟ جا پاش بوونی ئه‌م عالـه‌مه‌و له‌ناوچوونی ، خودا جارێكی تر خه‌ڵك دروست ئه‌كاته‌وه ، به راستی خودا ته‌وانایه به‌سه‌ر هه‌موو شتێكداو ، بیه‌وێ سزای هه‌ركه‌س بدا سزای ئه‌داو ، میهره‌بانیشه له‌گه‌ڵ هه‌ركه‌س مه‌یلی بێ میهره‌بانی له‌گه‌ڵ بكا ــ ئه‌یكا •

(فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَنْ قَالُوا : اقْتُلُوهُ ، أَوْ حَرِّقُوهُ ! فَأَنْجَاهُ اللهُ مِنَ النَّارِ ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (٢٤)

كه‌چی له باتی ئه‌وه كه ئه‌و گه‌له بیربكه‌نه‌وه له حه‌قیقه‌تاو ئامۆژگارییه‌كانی حه‌زره‌تی ئیبراهیم وه‌ربگرن ده‌ستیان كرد به سه‌رپێچی‌كردن‌و ته‌گبیركردن بۆ له‌ناوبردنی‌و له ئه‌نجاما بازێكیان وتی : چاری ئه‌م ئینسانه ئه‌وه‌یه به سزا له‌ناو ببرێت‌و وتیان : بیكوژن یا بیسووتێنن‌و بڕیاریان دا له‌سه‌ر سووتاندنی‌و، ئاگرێكی قه‌به‌یان‌كرده‌وه‌و ئیبراهیمیان به (مه‌نجه‌نیق) فڕه‌دایه ناوی‌و ، له پاش ئه‌وه خودای ته‌عالا رزگاری كرد له‌و ئاگره نابارە ، به راستی هه‌یه له‌م رزگاركردنی حه‌زره‌تی ئیبراهیمه‌دا چه‌ند په‌ندو ئامۆژگاری بۆ گه‌لێ كـــه ئیمانی به خودا بێ ؛ چونكی ئه‌و رزگاركردنه كارێكی ئه‌وه‌نده نائاساییی‌و گه‌وره بو له جیهاندا ده‌نگی دایه‌وه •

(وَقَالَ : إِنَّمَا اتَّخَذْتُمْ مِنْ دُونِ اللهِ أَوْثَاناً مَوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ، ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُمْ

بِبَعْضٍ ، ويَلْعَنُ بَعْضُكُمْ بَعْضاً ، ومَأْواكُمُ النَّارُ ، وما لَكُمْ مِنْ ناصِرِينَ) (٢٥)

وە حەزرەتی ئیبراهیم ــ د ــ پاش ئەوەی خودا رزگاری کردو لە ئاگرەکە دەرچو پێی وتن : ئێوە نەوەك ئەو بتانەتان راگرتوە بۆ پەرستیاریو لە خودای عالەم لاتان داوە بۆ ئەوەیە کە میانەو خۆشەویستی لەناو خۆتانا رێك‌بخەن ، واتە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەلآیەتی خۆتان لەسەر بناغەی یەکیەتی هەواخواهیو بتپەرستی نەك لەبەر مولاحەظەی واقیعو راستیو لە پاشان لە رۆژی قیامەتا لەناو خۆتانا ناکۆکیو دوژمنایەتی ئەکەوێتە ناوتانەوەو بازێکتان ئینکاری شەرافەتی بازێکتان ئەکاو ، بازێکتان لەعنەتو نەفرین لە بازێکتان ئەکاو ، جێگەی هەمووشتان ئاگری دۆزەخەو بە هیچ شێوەیێ یارمەتیدەرتان نیەو کەس نیە لەو جێگەدا لایەکتان لێ‌بکاتەوە •


(فَآمَنَ لَهُ لُوطٌ وقَالَ : إنِّي مُهاجِرٌ إلى رَبِّي ، إنَّهُ هُوَ العَزِيزُ الْحَكِيمُ) (٢٦)

جا پاش رزگاربوونی ئیبراهیم لەو ئاگرە ناهەموارە لوطی برازای باوەڕی پێ‌کردو ئیبراهیم فەرمووی : ئیتر من لە وڵاتی عیراقا نامێنمو کۆچ ئەکەم بۆ شوێنێ کە بە ئاسایش بەندەیی پەروەردگاری خۆم بکەم ، بە راستی ئەو خودایە خاوەن عیزەتەو لە هەموو کارەکانیدا بە حیکمەتە •

جا کۆچی کرد بۆ (حران)و لەوێوە بۆ فەلەستینو لەوێ جێگیر بوو •

(وَوَهَبْنا لَهُ إسْحاقَ ويَعْقُوبَ ، وجَعَلْنا فِي ذُرِّيَّتِهِ
النُّبُوَّةَ والكِتابَ وآتَيْناهُ اَجْرَهُ في الدُّنْيا ، وإنَّهُ في الآخِرَةِ
لَمِنَ الصَّالِحينَ) (٢٧)

جا بەخشیمان بە ئیبراهیم لەو ژنەی کە لە (کوثی) لە ولاتی (بابل)ەوە لەگەڵیا رۆیشت ئیسحاق‌و یەعقوب ، یەکەم کوڕی خۆی بوو ، دوەم کوڕەزای بوو ، بڕیارمان دا پێغەمەرێتی‌و رەهبەرایەتی بۆ ئادەزمیزاد لە نەوەی ئیبراهیمدا ، لە لایەکەوە لە ئیبراهیم ئیسحاق‌و ، یەعقوب‌و ، یوسف‌و ، ئەیوب‌و ، موساو ، هارون‌و ، داوودو ، سولەیمان‌و ، زەکەریاو ، یەحیاو ، عیساو ... باقی‌پێغەمەرانی بەنی‌ئیسرائیلمان دروست کردو ، لە لایەکی ترەوە ئیسماعیل‌و محەمەدمان رەوانەکرد کە نموونەی زانیاری‌و بەختیاری ئادەمیزاد بوون . وە لە دنیادا حەقم پێداو بە راستی لە پاشەڕۆژیشدا لە پیاوچاکان ئەژمێرڕێ .



(ولُوطاً إذْ قالَ لِقَوْمِهِ : إنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الفاحِشَةَ ما
سَبَقَكُمْ بِها مِنْ اَحَدٍ مِنَ العالَمِينَ (٢٨) اَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ
الرِّجالَ ، وتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ ، وتَأْتُونَ فِي نادِيكُمُ المُنْكَرَ ؟
فَما كانَ جوابَ قَوْمِهِ إلاَّ اَنْ قالُوا : ائْتِنا بِعَذابِ اللهِ إنْ
كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٢٩) قال : رَبِّ انْصُرْنِي عَلَى القَوْمِ
المُفْسِدِينَ) (٣٠)

وە باسی لوطی برازای ئیبراهیم بکە لەو کاتەدا کە لۆمەی گەلەکەی ئەکردو پێی وتن : ئایا ئێوە ئەونە نامەردن کاری ناشیرینی وا ئەکەن کەس پێش ئێوە لە چەرخە رابوردوەکانا نەیکردوە ؟ ئایا ئێوە ئەچنە لای پیاوانو، رێگە لە رێبوار ئەگرنو ، لە دەورو بەری خۆیشتانا هەر کردەوەیێ ناپەسەند بێ وەکوو : دزیو ، درۆزنیو پیاوکوشتنو ، ماڵبردنی خەڵك .. ئەیکەن؟! ئەوانیش لە باتی ئەوە وەلامی لوط بدەنەوە بە تۆبەو ، پەشیمانبوونەوەو ، فەرمانبەرداری وەلامیان هەر ئەوە بوو وتیان : ئەگەر تۆ راست ئەکەیتو لە راستگۆیانی یاڵلا سزای خودامان بۆ بێنە ! جا لوط گەیشت بە گیانیو ، لە خودا پاڕایەوەو فەرمووی : ئەی پەروەردگاری من یارمەتیم بدەو سەرم بخە بەسەر ئەم گەلە بەدکارەدا .


(ولَمَّا جاءَتْ رُسُلُنَا إِبْراهِيمَ بِالبُشْرى ، قالُوا : إِنَّا مُهْلِكُوا اَهْلِ هذهِ القَرْيَةِ ، إِنَّ اَهْلَها كانُوا ظالِمِينَ (٣١) قالَ : إِنَّ فِيها لُوطاً ، قالُوا : نَحْنُ اَعْلَمُ بِمَنْ فِيها ، لَنُنَجِّيَنَّهُ واَهْلَهُ ـ إِلاَّ امْرَأَتَهُ ـ كانَتْ مِنَ الغَابِرِينَ (٣٢) ولَمَّا اَنْ جاءَتْ رُسُلُنَا لوطاً سِيءَ بِهِمْ ، وضَاقَ بِهِمْ ذَرْعاً ، وقالُوا : لا تَخَفْ ولا تَحْزَنْ إِنَّا مُنَجُّوكَ واَهْلَكَ ـ إِلاَّ امْرَأَتَكَ ـ كانَتْ مِنَ الغَابِرِينَ (٣٣) إِنَّا مُنْزِلُونَ على اَهلِ هذهِ القَرْيَةِ رِجْزاً مِنَ السَّماءِ بِما كانُوا يَفْسُقُونَ (٣٤) ولَقَدْ تَرَكْنا مِنْها آيَةً بَيِّنَةً لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (٣٥)

جا کاتێ ئیبراهیم لە فەلەستینا نیشتەجێ بوو ، لوط لە شاری (سدوم)دا دامەزراو فریشتەکان بە موژدەپێدانەوە هاتن بۆ لای ئیبراهیم‌و موژدەی کوڕو کوڕەزای وەکو یەعقووب‌و ئیسحاقیان پێدا •• ئەو فریشتانە بە حەزرەتی ئیبراهیمیان فەرموو : ئێمە ئەو خەڵکی دێی لوطە لەناو ئەبەین ، بە راستی خەڵکەکەی ستەمکارن ، جا ئیبراهیم فەرمووی : ئاخر لوطی برازامیان لەناودایە ! ئەوانیش وتیان : لە تۆ چاکتر ئەزانین کێی تیایەو کێی تیا نیە ، ئێمە لوط‌و خێزانەکەی‌و نەوەکەی رزگار ئەکەین،ژنەکەی نەبێ ئەو بە فەرمانی خودای تەعالا لەوانەیە کە لەو دێدا ئەمێنێتەوەو بەر ئەو سزاو قاری خودا ئەکەوێ کە بۆ خەڵکی ئەو دێ ــ دێت •

جا لە کاتێکدا فەرمانبەرە رەوانەکراوەکانی من ، واتە فریشتەکان ، هاتن بۆ لای حەزرەتی لوط ــ د ــزۆر دڵی پەرێشان‌و خەمبار بوو بــــە هاتنی ئەوان‌و ، کە فریشتەکان دیيان لوط تێک‌چووەو وەزعی گۆڕاوەو لێیان ئەترسێ •• پێیان وت : مەترسەو دڵگران مەبە ، ئێمە تۆو خێزانەکەت رزگار ئەکەین ــ ژنەکەت نەبێ ، ئەو لەو کۆمەڵەدایە کە لە سزادا لەناو ئەچن ، وە ئێمە سزایەك لە ئاسمانەوە ئەنێرین بۆ سەر خەڵکی ئەو دێیە بە هۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچوون •

وە بێگومان بەجێمان هێشـــت بە کارەساتی ئەو دێیــە بەڵگەیــەکی گەورەی ئاشکرا بۆ گەلێ کە عەقڵ‌و هۆشی بیرکردنەوەیان هەیە • واتە ئەو کارەساتەو ئەو بومەلەرزەو بورکانە کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هات شــتێکی مێژوویی‌و خاوەن نرخ بوو • وە یاخود لە شوێنەواری ئەو دێیەدا نیشانەیەکی دیاریمان هێشتەوە بۆ خەڵکی پاش ئەوان لە جیهاندا ، وەکوو ئـــەوە :

خانوەکانیان بەسەر یەکا کەوتوونو ، ئاوو کانیاوەکانیان کـــە بە هۆی بورکانەوە رەش‌بوونەتەوەو وەکو گەڕاویان لێ هاتوە •



(وإلى مَدْيَنَ اَخاهُمْ شُعَيْباً ، فَقالَ : يا قَوْمِ اعْبُـــدُوا اللهَ وارْجوا الْيَوْمَ الآخِرَ،ولا تَعْثَوْا فِي الاَرْضِ مُفْسِدِينَ(٣٦) فَكَذَّبُوهُ • فَاَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَـــةُ ، فَاَصْبَحوا فِي دارِهِمْ جاثِمِينَ) (٣٧)

وە شوعەیبمان نارد بۆ لای خەڵکی شاری مەدیەن ، کە شارێ بو لە نێوان شامو حیجازا بە ناوی مەدیەنی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمەوە، شوعەیب ئینسانێکی هاونەژادی خۆیان بوو ، قسەزانو ، قسەڕەوانو ، مەردو ، ژیر بوو ، لەسەر صوحوفی حەزرەتی ئیبراهیمی باپیرە گەورەی رەفتاری ئەکرد، وەکوو ئیسحاقو ، ئیسماعیلو ، یەعقوب ــ د ــ •

جا دەستی کرد بە ئامۆژگاریو رێنومایی گەلەکەییو فەرمووی : ئەی گەلی من بەندەیی بە تەنیا بۆ خودا بکەنو ، کارو کردەوەی باش بکەنو ، بە هیوای پاداشی باشی پاشەڕۆژ بنو ، لە زەویدا بەدکاریو بەدڕەوشتی مەکەن ••• ئەوانیش چوون بە گژیاو زۆر بێ شەرمیو بێ حەیاییان لەگەڵدا کردو ، بەدرۆیان خستەوە • جا بومەلەرزەیەکی زۆر بەهێزو گران گرتنیو لە خانوەکانی خۆیانا بە چۆکا کەوتنو مردن •

(وعاداً وثَمُودَ ، وقَدْ تَبَيَّنَ لَكُمْ مِنْ مَساكِنِهِمْ ، وزَيَّنَ لَهُمْ الشَّيْطانُ اَعْمالَهُمْ فَصَـــدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ ، وكانُوا مُسْتَبْصِرِينَ) (٣٨)

وە گەلی عادو ثەمودیشمان بەرباد کردو . لە شوێنەوارەکەیانەوەو لە تەماشاکردنی ماڵو شوێنە وێرانەکەیانەوە بۆتان دەرئەکەوێ کە چۆن لە ناوچوون • وە یاخود بازێ لە شوێنەواری خانووبەرەی وێرانبووی ئەوان لەبەرچاوتانا ماوەتەوە •

وە بەربادکردنی ئەمانەیش بە هۆی ئەوەوە بوو کە شەیتان کردەوە ناشیرینەکانیانی لەبەرچاویانا جوان کردبوو ، ئەو کوفرو تاوانباریو بەدکردارییەیان بە باش ئەزانیو ، لەم روەوە لە رێگەی راست لایاندابوو ، لەگەڵ ئەوەیشا ئەگەر لەبەر گومراییو نەزانی نەبوایە گەلێکی بەرچاوڕوون ئەبوونو ، ئەگەر کەمێ بیریان بکردایەتەوە راستییان بۆ روون ئەبوەوە •

(وقارونَ وفِرْعَوْنَ وهامانَ ، ولَقَدْ جاءَهُمْ مُوسى بِالبَيِّنَاتِ فاستَكْبَرُوا فِي الأَرْضِ وما كانُوا سابِقِينَ (٣٩) فَكُلاًّ أَخَذْنا بِذَنْبِهِ ، فَمِنْهُمْ مَنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حاصِباً ، ومِنْهُمْ مَنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ ، ومِنْهُمْ مَنْ خَسَفْنَا بِهِ الأَرْضَ ،ومِنْهُمْ مَنْ أَغْرَقْنا ، وما كانَ اللهُ لِيَظْلِمَهُمْ ، ولكِنْ كانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ) (٤٠)

وە قاروونی ئامۆزای موساو ، فیرعەونی پاشای میصرو ، هامانی سەرەکوەزیرانی •• ئەمانەیش باس بکە ، چونکی باسەکەیان ئەبێ بە هۆی پەندوەرگرتن بۆ بازێو بە راستی موسا بە چەن موعجیزەوە هات بۆ لای ئەمانە ، ئەوانیش خۆیان بە گەورە گرت لە زەویداو ، وەها تەماشای

خۆیانیان نەدەکرد کە بە قسەی رەهبەر رەفتار بکەن ، وە ئەمانە لەوانــە نەبوون کە لە دەستی خودا دەربچن‌و ماوەی رزگاربوونیان بێ •

وە هەموو لایێ لەمانە چ گەلی لوطو ، گەلی شوعەیب‌و ، گەلی‌عادو، گەلی ثەمودو ، قارون‌و ، فیرعەون‌و ، هامان هەموویانمان گرت بە هۆی تاوانی خۆیانەوە • جا بازێکیان بامان لەگەڵ وردە بەردا لێ‌هەڵکردن وەکو، گەلی لوطو ، بازێکیان دەنگێکی گەورە ، کە دەنگی جوبرەئیلە ، گــرتنی وەکوو گەلی شوعەیب‌و ثەمودو ، بازێکیانم رۆبردە خوارەوە بــە ناخی زەویدا وەکو قارون‌و ، بازێکی دیکەیانم لە ئاوا خنکاند وەکوو فیرعەون‌و هامانی وەزیری ، وە خودا لەوانە نیە کە ستەم بکا لەوانەو بە بێ حەقێکی راستەقینە لەناویان بەرێ ، بەڵام ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد بــە هۆی کوفرو تاوانباری‌و بەدکرداری‌و بەدرەوشتیەوە بـــە جۆرێ خودا قاری لێ گرتن •

(مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دونِ اللهِ اَوْلِيــاءَ : كَمَثَلِ العَنْكَبُوتِ اتَخَذَتْ بَيْتــاً ، وإنَّ اَوْهَنَ البُيُوتِ لَبَيْتُ العَنْكَبُوتِ لَوْ كانُوا يَعْلَمُونَ (٤١) إنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما يَدْعُونَ مِنْ دُونِــهِ مِنْ شَيْءٍ وهُوَ العَــزِيزُ الحَكِيمُ (٤٢) وتِلْكَ الاَمْثالُ نَضْرِبُها لِلنَّاسِ ، ومَا يَعْقِلُها إلاّ العالِمُونَ (٤٣) خَلَقَ اللهُ السَّماواتِ والاَرْضَ بِالْحَــقِّ ، إنَّ فِي ذلِكَ لَآيَــةً لِلمُؤمِنِينَ) (٤٤)

سیفەتی ئەو کافرانە کە غەیری خودا چەن دۆستێکی خەیاڵییان بــۆ خۆیان بڕیارداوە ، بە نیسبەتی ئەو کەسانەوە کە بەندەیی ئەکەن لەســـەر بناغەی زانیاری‌و بەختیاری‌و باوەڕ بە خودای زیندووی زانای تاکی تەوانا •• وەکو سیفەتی جۆلاییکەرەیێ وایە کە خانوویەکی لە پەردەی تەنراوی لاواز بۆ ژیواری خۆی دروســتکردوە بە نیسبەتی کەسێکەوە کە خانوویەکی لە بەردو دارو مادەی ئەستوور دروست کردوە بە دیوارو دەرگاو سەرمیچەوە کە ساڵەهای ساڵ بێئازار ژیواری تیا ئەکا ، وە ئێوە ئــەزانن لاوازترین خانووی گیانلەبەران خانووی جۆلاییکەرەیە ، ئەو خانوە نە دیواری هەیەو، نە سەرمیچو ، نە بەرگەی سەرماو گەرما ئەگرێ ، تەنیا ئەوەندە هەیـــە جاربەجار مێش‌و مەگەزێ ئەبێ بەو داوە تەنراوەوەو جۆلاییکەرەکە ئەیخواو، گەلێ جار خاوەن ماڵەکە لە کاتی پاکەوەکردنی خانوەکەیا بە گسك دەماری ئەو خانوە دەردێنێ‌و خانوو خاوەن خانوو هەمووی بەرباد ئەکا •

بە عەینی شێوە ئەم بتپەرستانەیش ئەوەندە کەڵك لەو بتانە وەرئەگرن کە ئەیانپەرستن لە بازێ سوودی کۆمەلایەتی ، ئەنا نە دەفعی گــەرمای دۆزەخ ئەکاو نە سەرمای زەمهەریرو ، هەرکاتێ بچووکترین شتێ پەیدا بێ بتخانەکە وێران ئەبێ ، وەکو زۆر جار بتپەرستەکان قار لە بازێ بتی خۆیان ئەگرن‌و ئەیانشکێنن‌و فڕەیان ئەدەن ، کاشکی ئەم کافرانە ئەم راستیانەیان بزانیایێ •

ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو بتپەرستانە : خودای تەعالا زانایە کە ئەوان بانگ ناکەن لە شتێ کە بچووکترین نرخێ‌و کەمتر سوودێکی بێ ، وە هەر خودا خۆی خاوەن عیززەتەو تەوانایە بەسەر هەموو شتێکاو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا ، وە ئەم نموونە جوانە بە نرخانە بەیان ئەکەین

بۆ ئادەمیزاد تا پەند وەربگرنو روو بکەنە راستی ، وە زانا بەرزەکان نەبێ کەس مانای ئەوانە نازانێو ، خودا ئەو خودایە کە ئەو ئاسمانانەی دروستکردوە لەگەڵ ئەو ئەستێرە پڕتەودارانەدا ؛ وە هەرکام لەوانە خواستی لە سەر ئارامی هەیە ئارامەو ، هەرکام لەوانە خواستی لەسەر هەڵسوورانی هەیە هەڵیئەسووڕێنێ لە سەر میزانێکی تایبەتی بە بێ کەمو زیادو ، زەوی دروستکرد ، وشکانو دەریای لەگەڵ کانەکانو گیاو دارەکانو لەگەڵ گیانلەبەرەکان ••• دروستکرد وە هەر کام لەوانەی جیاکردوەتەوە بە جۆرە شوێنەوارێو ، لە ناو ئەوانەدا ئادەمیزادی جیاکردوەتەوە بە عەقڵو ، زانیاری کردوە بە تاجی ئەو عەقڵەو ، رەهبەرانی کردوە بە رووناککەرەوەی دەورو بەری ، ئەمانەی هەمووی لە سەر حیکمەتی دامەزراو دروست کردوەو ، ئاگای لە هەموویان هەیە ، بێگومان لەم تەئثیراتەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ خاوەن ئیمانەکان لەسەر وجوودی خوداو تەنیاییو زاناییو تەواناییی •

(اُتْلُ مَا اُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الكِتَابِ ، واَقِمِ الصَّلاةَ إنَّ الصَّلاةَ تَنْهى عَنِ الفَحْشاءِ والمُنْكَرِ ، ولَذِكْرُ اللهِ اَكْبَرُ ، واللهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعونَ) (٤٥)

ئەی پێغەمەری رەهبەر مادام کافرەکان وان لە دەریای نەزانیو بێباوەڕیدا ، تۆ بە وەزعی ئەوان دڵگیر مەبەو ، بێرەوە بۆ سەر خزمەتی مەبدەئو مەنهەجو یاسای خۆت ، وە بخوێنەرەوە ئەوەی بە وەحی هاتوە بۆ لای تۆ کە قورئانی پیرۆزە ؛ چونکی ئەم قورئانە نووری دڵەو ، رووناککەرەوەیماڵو ، بێدارکەرەوەی ئینسانی غافڵە •

وه ئینسانی هۆشـــیار هه‌تا له‌سه‌رخۆ قورئان بخوێنێ‌و باشتر بیری لێ بکاته‌وه زیاتر بۆی بۆی ئه‌بێ به هۆی خێرو پیرۆزی‌و پاداشی پاشه‌ڕۆژو ، تا زیاتر بیر بکاته‌وه له قورئانا زۆرتر مه‌عناو نهێنی بۆ ده‌رئه‌که‌وێ .

وه به هێزی دڵه‌وه نوێژه‌کانت بکه‌و له کاتی خۆیا به‌جێی بێنه ؛ چونکی بێ‌گومان ئه‌و نوێژه که به گوێره‌ی مه‌رج‌و به‌نده‌کانی‌و ، له‌گه‌ڵ نه‌رمی‌و کزی بۆ خوداداو ، له‌گه‌ڵ خاڵیتی دڵ له غه‌یری نوێژو خه‌یاڵی پڕوپووچدا بێ ... ئه‌و نوێژه خاوه‌نه‌که‌ی مه‌نع ئه‌کا له هه‌ر کرده‌وه‌یێ که پێچه‌وانه‌ی یاسای که‌رامه‌ت‌و ناموس بێ‌و ، ئینسان له هه‌موو بیرو باوه‌ڕێکی خراپ‌و به‌د وه‌کوو : ریاو ، چاوه‌ڕوانی خه‌ڵك ، وه له هه‌موو کرده‌وه‌یه‌کی ناپه‌سه‌ند وه‌کوو : کوشتنی نه‌فسی پاك‌و ، ده‌سبردن بۆ ماڵی خه‌ڵك‌و ، راگرتنی مافی خه‌ڵکی ... دوور ئه‌خاته‌وه . به راستی یادی خوداو ده‌وامی ئاگاداری حوقووقی خودا که له ئاگاداری نوێژه‌وه په‌یدا ئه‌بێ بۆ ئینسان له هه‌موو به‌نده‌یی‌یێ گه‌وره‌تره‌و ؛ به‌نده‌یی خودا سه‌ره‌تای ترس له خوداو په‌یوه‌ندی دڵ به خوداوه‌یه‌و ؛ خودای ته‌عالا ئه‌زانێ‌و ئاگای له هـــه‌ر کارێکه ئێوه بیکه‌ن‌و پاداشتان ئه‌داته‌وه له سه‌ر تاعه‌ته‌کانتان به پاداشێ که شـــیاوی میهره‌بانی خودا بێ .

وه هه‌ڵ ئه‌گرێ مه‌به‌س له (ذکر) هه‌ر خودی نوێژه‌که بێ ؛ چونکی نوێژ حه‌مدو سوپاس‌و ته‌سبیحی خودا ئه‌گرێته‌وه .

(وَلاَ تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ، إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ ، وَقُولُوا : آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ ، وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ ، وَنَحْنُ لَهُ

مُسْلِمُونَ (٤٦) وكَذلِكَ اَنْزَلْنَا إلَيْكَ الْكِتَـــابَ فالّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يُؤْمِنُونَ بِهِ ، ومِنْ هؤلاءِ مَنْ يُؤْمِنْ بِهِ ومَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إلاّ الكافِرُونَ) (٤٧)

وە موجادەلە مەکەن لەگەڵ ئەھلی کیتابا وەکوو جوو گاور بە شێوەیێ نەبێ کە لە هەموو شێوەکان جوانتر بێ ، کە وابێ کە قسەتان کرد ئاگاداری شوێن‌و کات‌و پایەیان بکەن‌و ، باوەڕتان لەگەڵیانا ناســـك‌و نەرم بێ‌و ، پەستیان مەکەن‌و ، وتاری زبری ئـــەوان بـــە نەرمی وەلاّم بدەنەوەو ، بەرهەڵستی قاریان بە خۆشی‌و ، ئاژاوەیان بە پەندو ئامۆژگاری بکـــەن ؛ چونکی تا بگونجێ دین لە سەر موجامەلەیە نەك لەسەر موجادەلە • لەگەڵ ئەوانەدا نەبێ کە ستەمکارن‌و زیادەڕەوی ئەکەن لە عەناداو ، بیرو باوەڕی ناشیرین بلاّوئەکەنەوە • وە بڵێن بەو ئەھلی کیتابانە : باوەڕمان هەیە بـــەو کتێبە بۆ ئێوە هاتوەو بەوەیش بۆ خۆمان هاتوەو ، خودای ئێمەو ئێوە یەك خودایەو ، ئێمە ملکەچ بووین بۆی ، بەڵکو بەم شێوەو رەوشـــتە چاویان بکرێتەوەو روو بکەنە راستی‌و باوەڕ بکەن بە ئایین •

ئاوەها قورئانمان نارد بۆ لای تۆ کە بەیانی باوەڕی راست‌و ئادابی دین بکا • وە ئەو گاورو جوولەکە کە کاتی خۆی کیتابم بۆ ناردبوون باوەڕیان کردبوو ئەیانزانی پێغەمەرێ لە بەنی‌ئیسرائیل پەیدا ئەبێ‌و خودا کیتابی بۆ رەوانە ئەکاو ، لە (عهد)ە پێشوەکانا ئەم باسە مەشهوور بوو ، لە (سفر)ی شەعیادا بە ئاشکرا باسی هاتنی پێغەمەرو هاتنەخوارەوەی کتێبەکـــەی‌و ئادابی هاوڕێکانی باس کراوە • هەروا لە ئینجیلی حەزرەتی عیسادا موژدە دراوە بە هاتنی پێغەمەری خاوەن ستایشی پاشەڕۆژ •

بێجگە لەوە کە لە تەوراتا نووسراوە نووری رەحمەتی خودا لە طوری سینادا دەرکەوتو ، لە کێوی ساعیری نزیکی شوێنی لەدایکبوونی عیسا دەرئەکەوێ ، هەروا لە کێوەکانی (فاران) ، واتە ئەو ریزە کێوانی قەراخی مەکەدا ئەو نوورە پرتەو ئەدا •

وە لەم کتێبانەیشدا کە لەم زەمانی تۆدا هەن ، ئەی خۆشەویست ، کەسانێکی وا هەن ئیمانیان بەو کتێبی تۆیە ، کە قورئانە ، هەیە وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلامو چەن کەسێ لەگەڵ ئەودا ، وە ئینکاری ئایەتەکانی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە زۆر رۆچوون بە عەنادو کوفرا ، وە ئەوانە کە عەنادەکەیان بوە بە پەردەی سەر دڵیانو چاوی دڵو دەروونیانی لەکار خستوە •

(وما كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتابٍ ، ولا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ، إذاً لارْتابَ المُبْطِلونَ (٤٨) بَلْ هُوَ آياتٌ بَيِّناتٌ فِي صُدورِ الَّذِينَ اُوتُوا العِلْمَ ، وما يَجْحَدُ بِآياتِنا إلاَّ الظّالِمُونَ) (٤٩)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئەگەر گومانیان لە قورئانا هەیە ئەوە چارەکەی ئەوەیە کە لە کتێبە پێشوەکانا هەیە کتێبێ دێتە خوارەوە بۆ خەڵکی ئاخرزەمان • وە ئەگەر گومانیان لە تۆدا هەیە ئەوە بەوە چار ئەکرێ کە تۆ ئینسانێکی نەخوێندەوارو نەنووسی لە پێش هاتنی قورئاندا تۆ هیچ کتێبێکو هیچ نووسراوێکت نەخوێندوەتەوە هەتا بڵێن : ئەمە کتێبێکە خوێندوویەتیەوەو لەبەری کردوەو ئیستە بەسەر ئێمەیدا ئەخوێنێتەوە • وە

لەمەوبەریش نووسینت نەزانیوەو بە دەستی راستت هیچت نەنووسیوە تا ئیستە بلێن : ئەم کتێبە خۆی ئەینووسێتەوەو لە دواییدا ئەیخوێنێتەوە بەسەرمانا • وە ئەگەر یەکێ لەمانە بوایە پیاوە خراپەکان کە بە دیعایە حەق بەتاڵ ئەکەنەوە ، ئەم قسانەو ئەم باسانەیان بلاوئەکردەوە ، کە وابێ هیچ شوبهە نیە لە خۆتاو لە کتێبەکەتاو دیارە حەقەو لە لایەنی خوداوە هاتوە بۆ لای تۆ •

بەڵکو قورئان بریتییە لە چەن ئایەتێکی رووناکی راست کە دامەزراوە لە سنگی ئەوانەدا کە خاوەن عیلمن بە قورئان ، وەکو حافظانی قورئان لە سەردەمی حەزرەتاو لە پاش ئەوو ، ئینکاری ئایەتەکانی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە ستەمکارن‌و بە عەناد راستی لە خەڵك دوور ئەخەنەوە •

زیاد لەمانە ئایا ئەوانە نازانن ئەم قورئانی تۆیە شێوەو شێوازو دارشتنی لەسەر شێوەی قسەی هیچ کەسێ نیە لە حیجازاو لە غەیری حیجازا ، کە وابێ ئەبێ قسەی ئادەمی نەبێ ، وە باسی گەلێ شتی نادیاری‌و رابوردووی کۆن‌و نەزانراوی هاتوو ئەکا ، کە وابێ ئەبێ خاوەنەکەی (غیب) نادیاری بزانێ • وە گەلێ باسی عیلمی تێدایە کە ئادەمیزاد ناتوانن ئەو شتانە بدۆزنەوەو بیزانن •

(وقالُوا : لَوْلاَ اُنْزِلَ عَلَيْهِ آياتٌ مِنْ رَبِّهِ ؟ قُلْ : إنَّما الآياتُ عِنْدَ اللهِ ، وإنَّمَا اَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٥٠) اَوَلَمْ يَكْفِهِمْ اَنَّا اَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ ؟ إنَّ فِي ذلِكَ لَرَحْمَةً وذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٥١) قُلْ : كَفَى بِاللهِ بَيْنِي وبَيْنَكُمْ شَهِيداً ، يَعْلَمُ ما فِي السَّماواتِ والاَرْضِ ، والَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وكَفَرُوا بِاللهِ اُولائِكَ هُمُ الخَاسِرُونَ) (٥٢)

ئەو کافرانە وتیان : ئەوە بۆچی چەن ئایەتو موعجیزەیەکی لە لایەنی خوداوە بۆ نایێتە جێ وەکوو : وشترەکەی حەزرەتی صالحو ، عاساکەی موسا ــ د ــ ؟ تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ : ئایات وان بە لای خوداوەو وان لە ژێر توانای ئەوا ، وە ئەگەر ئەو حیکمەت بزانێ لە دروســـتکردنیانا ئەیاننێرێو دروستیان ئەکاو ، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە ئادەمیزاد بترسێنم لە سزای خوداو ، لە لای خوداوە بۆ ئەوە نێرراوم •

وە لە لایەکی ترەوە ئایا کافی نیە بۆ ئەوان کە من ئەم قورئانەم بۆ تۆ ناردوەو ئەیخوێنیتەوە بەسەریانا ؟ بە راستی لە ناردنی ئەو قورئانەدا رەحمەت هەیەو بیرکردنەوە لە رێگەی راستا بۆ گەلێ کە ئیمانیان بە خوداو پێغەمەر بێ • تۆ ــ ئەی خۆشەویست ــ بڵێ : کافییەو بەســـە خودا بۆ ئاگاداری بەسەر حاڵی منو حاڵی ئێوەدا ، ئەو خودایە کە حاڵی وایە ئەزانێ بەهەر شتێ کە لە ئاسمانەکانو لە زەویدا بێ ، وە ئەو کەسانە کە باوەڕ بە شـــتی پووچ ئەکەنو ئینکاری خودای تەعالا ئەکەن بە راستی زیانمەند هـــەر ئەوانەن لە دنیاو قیامەتا •

(وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَـــذَابِ ، وَلَوْلَا أَجَلٌ مُسَمًّى لَجَاءَهُمُ الْعَذَابُ ، وَلَيَأْتِيَنَّهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٥٣) وَيَسْتَـــعْجِلُونَكَ بِالْعَـــذَابِ ، وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَـــةٌ بِالْكَافِرِينَ (٥٤) يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَـــذَابُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ : ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٥٥)

ئەو کافرانە پەلەپەلت لێئەکەن بۆ هاتنی ســـزاو . ئەڵێن : بەرد ببارێنە بەسەرمانا لە ئاسمانەوە ! جا ئەگەر کاتێکی تایبەتی دیاری نەکرایـــە بـــۆ

سزادانی ئەوان سزاکەیان بۆ ئەهات ، یا ئیستەیش چاویان نەفرێ ، ئەوە سزایان لە ناکادا ، یا لە رووداوی بەدردا ، یا پاش مردنیانو لە دۆزەخا ، بۆ دێ ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاگایان لە خۆیان نیەو بە هاتنەکەی نازانن •

پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆ سزا ، بەلاَم پێویست بەو پەلەکردنە ناکا، ئەوەتا دۆزەخ وا لە پێشیانەوەو دۆزەخیش گەمارۆی کافرانی داوەو لێی رزگار نابن • ئیتر بۆچی پەلە ئەکەن ؟ ئەوان هەر ئەگەن بەو سزایە •

لە رۆژێکدا سزایان بۆ دێو لە هەموو لایەکەوە ، لە سەرو ژێرەوە ، دایانئەگرێو ، خودای تەعالا ، یا فریشتەکان پێیان ئەڵێن : بچێژن تۆڵەی ئەو کارە نابارانە کە لە دنیادا ئەتانکردن •

(يا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا ، إنَّ أَرْضِي واسِعَةٌ ، فَإيَّايَ فاعْبُدُونِ (٥٦) كُلُّ نَفْسٍ ذائِقَةُ المَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٥٧) والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ مِنَ الجَنَّةِ غُرَفاً ، تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ خَالِدِينَ فِيها ، نِعْمَ أَجْرُ العَامِلِينَ (٥٨) الَّذِينَ صَبَرُوا وعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) (٥٩)

ئەی بەندە خاوەن ئیمانەکانم بێگومان زەوی دنیای من گوشادە ، دەی بەندەیی بۆ من بکەن ، واتە ئەگەر لە ولاَتێکدا ماوەی ئەوتانە نەبوو کە ئایینی خۆتان دەربخەنو بە سەربەستی شیعارەکانی دین بەجێبێنن •• کۆچ بکەن بۆ ولاَتێکی تر کە بۆتان بکرێ بە ئارەزووی خۆتان بەندەیی بکەن• هەموو کەسێ ئەبێ مردن بچەژێو دواییش بۆ لای من ئەگەڕێنەوە ، وە ئەو

کەسانە کە باوەڕیان کردووەو کردەوەی باشیان هەیە ، لە هەموو جۆرە باشێ لە : نوێژو ، ڕۆژوو ، زەکاتو ، حەجو ، لە تەرکی شتی حەرام •• ئەوە دایانئەمەزرێنین لە چەن هۆدەیەکی بەهەشتاو ، لە ژێر ئەو بەهەشتەوە جۆبار ڕەوان ئەبێو تیایا ئەمێننەوە هەتا هەتایە ، پاداشی ئەوانە زۆر باشە کە بە یاسای دین ڕەفتاریان کردووەو ، خۆیان لەبەر ئازارا گرتووەو پشتیان هەر بە خودای خۆیان بەستوە •

﴿ وَكَأَيِّنْ مِنْ دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَهَا ، اللهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ ، وَهُوَ السَّمِيعُ العَلِيمُ (٦٠) وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ : مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ ، وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ ؟ لَيَقُولُنَّ : اللهُ ، فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ ؟ (٦١) اللهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ ، إِنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٦٢) وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ : مَنْ نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهَا ؟ لَيَقُولُنَّ : اللهُ ، قُلِ : الحَمْدُ للهِ ، بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ (٦٣)

وە زۆر گیانلەبەری وا هەیە خۆی ڕۆزی خۆی هەڵناگرێو عەقڵو هەستی پاشەکەوتو بژێو کۆکردنەوەی نیەو خەمی کاتی سەختیو تەنگانە ناخوا ، یاخود بە هیچ جۆرێ ناتوانێ هەوڵ بدا بۆ ڕۆزی خۆی ، وەکوو پەلەوەری باڵشکاوی کوێر ! خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی ڕۆزی بۆ ئەنێرێو چۆن ڕۆزی ئەدا بە ئێوە کە خۆتان عاقڵنو بەهێزنو ئەتوانن بە شوێن ڕۆزی خۆتانا بگەڕێن •• ڕۆزیش ئەدا بەو ، واتە ئەو دەعبا بێهێزانە وەکو ئێوەنو ئێوەیش وەکوو ئەوانو ئەگەر خودا میهرەبانیتان

لەگەڵ نەکا وەکوو ئەواتتان لێ دێ • خودا بیســـەری واتەتانەو زانای خەیاڵی دەرووتتانە •

وە ئەگەر تۆ پرسیار لەو کافرانە بکەی : کێ ئاســـمانەکانو زەوی دروست کردوەو رۆژو مانگی رامکردوە بۆ ئەم هاتوچۆو هەڵهاتنو ئاوابوونە کە ئەساسە بۆ ژینی حەیوانو نەبات ؟ بە باشی ئەچنە ژێر ئەمری واقیعو ئەڵێن : خودا ئەوانەی دروستکردوە • دەی ئیتر چۆن لائەدەن لــە خودابەیەکزانینەوە بۆ هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا •

خودای تەعالا رۆزی زۆر ئەکاتو سفرەی نیعمەت بڵاو ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە بەندەکانیو ، هەر خودایە ئەو رۆزیو بژێوە تەنگ ئەکا لەسەر بەندەکانی خۆی ، بە راستی خودا زانایە بە هەموو شتێ •

وە ئەگەر لێیان بپرسی : ئەوە کێیە کە لە ئاسمانەوە ئاوی ناردوەتــە خوارەوەو زەوی پێزیندوو ئەکاتەوە لە پاش مردنیو سوودلێوەرنەگرتنی ؟ ئەڵێن : خودا • جا تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ : سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەوە کە باوەڕت پێئەکەن • بەڵام زۆربەی ئەو کافرانە عەقڵیان نیە کە لەگەڵ ئەم هەموو وەڵامە جوانو بەڵگە روونانەدا هەم هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن •

(وما هـــذِهِ الحَيَاةُ الدُّنْيا إلاَّ لَهْوٌ ولَعِبٌ ، وإنَّ الدَّارَ الآخِرَةَ لَهِيَ الحَيَوانُ لَوْ كانُوا يَعْلَمُونَ) (٦٤)

ئەم ژیانی دنیا کە هەیە هەر ئەوەیە ماوەیەکە بۆ بێئاگا بوون لــە سوودی دینو دنیاو بازیکردن بە هێزێ کــە وا لە بەردەســتی خـاوەن ژیانەکەداو ، ئیتر ژیانی دنیا بایەخێکی ئەوتۆی نیەو ، ماڵی پاشەڕۆژو ژیان

لەوێدا شیاوی هەوڵو خۆ بۆ ماندووکردنەو ؛ ئەگەر بیانزانیایێ هـــەر هەوڵیان بۆ ئەو ماڵە دەدا •

وە حەقیقەتی مانای ئەم ئایەتە ئەمەیە : ماوەی ژیانێ کە لە طاعەتی خودادا سەرف نەکرێ ؛ یا کاتێکە ئینسان تیایا زوێرو دڵتەنگە ، ئـــەوە هەر بە ژیان دانانرێ ، وە یاخود ماوەیەکە بە بێ خەم ئەڕواو رائەبوێررێو ئەم ماوەیە کە بە بێ خەم رابواردوە مایەیەکی بەسوودی نەبوە جگـە لـە بێئاگابوون لە کاری بەسوود ، وە یا گاڵتەکردنو رابواردن بە هۆی شتی بێ نرخـــەوە ، جــا ژیانێ کە مایەکـــەی بێمایەیی بێ ئـــەبێ ســـوودی بـــۆ کێ ببێ ؟ یا سوودی چی بێ ؟

(فَإذا رَكِبُوا فِي الفُلْكِ دَعَوُا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ، فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إلى البَرِّ إذَا هُمْ يُشْرِكُونَ (٦٥) لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ) (٦٦)

کاتێ ئەم کافرانە سواری کەشتی ئەبن بۆ هاتوچۆی بازرگانیو بـــە دەریادا ئەڕۆن لە خودا ئەپاڕێنەوە بە شێوەی پیاوێکی موسوڵمانی خاوەن ئایینی راست ، وە کاتێ کە خودا رزگاری کردنو هاتنە وشکانی کوتوپڕ ئەچنەوە سەر پیشە کۆنەکەی خۆیانو هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن ، جــا وازیان لێ بێنە با کوفرو ناسوپاسی بکەن بەرابەر بەو نیعمەتانە پێمداونو ، با ماوەیێ بە ئارەزووی خۆیان لە دنیادا رابوێرن ، دوایی ئەزانن چیان لێ دێو لە چ حاڵێکدا ئەبن •

(اَوَلَمْ يَرَوْا اَنَّا جَعَلْنَا حَرَماً آمِناً وَيُتَخَطَّفُ النَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ ؟ اَفَبِالبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَـــــةِ اللهِ

یَکْفُرونَ ؟! (٦٧) وَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرى عَلَى اللهِ کَذِباً اَوْ کَذَّبَ بِالْحَقِّ لَمَّا جاءَهُ ؟ اَلَیْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْکافِرِینَ ؟!) (٦٨)

ئایا ئەو خەڵکی مەکە نابینن یا نازانن کە ئێمە شوێنەکەی ئەوانمان کردوە بە شوێنێکی هێمن‌و دوور لە دەستی زۆرداران‌و دەسدرێژی‌کەران‌و رێگران‌و ، لەگەڵ ئەوەدا دێهات‌و شارانی دەوری ئەوان وان لەبەر شاڵاوی دوژمنان‌و رێبڕاناو ، خەڵکی دەورو بەری ئەوان ئەفڕێنرێن‌و ماڵیان بە دزی‌و نارەوایی تالاّن ئەکرێ‌و ئەبرێ ؟ ئایا سەرەڕای ئەم نیعمەتە گەورە ئەوان باوەڕ بە شتی پووچ ئەکەن ، وەکوو ئەو بتانە بێ کە هەرگیز هیچیان لێ نایێ‌و هیچیان پێ ناکرێ‌و ، کوفری نازو نیعمەتی خودای تەوانا ئەکەن ؟!

وە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێ‌و ئەڵێ : خودا هاوبەشی هەیە ، یاخود پێغەمەری خودا بەدرۆئەخاتەوەو باوەڕ بە حەق ناکا کاتێ دێتە لای ؟ ئایا لە دۆزەخا جێگەو شوێن بۆ کافران دانەنراوەو جێگەیان نیە لەوێدا تا تۆڵەیان لێ بسێنرێتەوە ؟! بەڵێ جێگەیان دیارە •

(وَالَّذِینَ جاهَدُوا فِینا لَنَهْدِیَنَّهُمْ سُبُلَنا ، وَإِنَّ اللهَ لَمَعَ المُحْسِنِینَ) (٦٩)

وە ئەو کەسانە کە جیهاد ئەکەن لە رێگەی رەزای ئێمەدا ، واتە رووت بۆ خودا جیهاد ئەکەن‌و هیچی دیکەیان مەبەست نیە ، ئەوە ئەوانە هیدایەتیان ئەدەین بۆ ئەو رێگایانە کە دانراون بۆ گەیشتنی ئەهلی طاعەت بە رەزای ئێمەو بە راستی خودا لەگەڵ خاوەن چاکەکاندایە •

سووره‌تي رۆم له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، ئایه‌تي ١٧ی نه‌بێ‌و ، دوای سووره‌تي (انشقاق) هاتووه‌ته خواره‌وه‌و شه‌صت ئایه‌ته .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

(الم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي أَدْنَى الأَرْضِ ، وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ للهِ الأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ ، وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤) بِنَصْرِ اللهِ ، يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ ، وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ) (٥)

سوپای رۆم له به‌رابه‌ری سوپای فارسه‌وه شكان له زه‌وییه‌كدا كه نزیكترینی زه‌وی ئه‌وانه له وڵاتی حیجازه‌وه ، وه ئه‌و رۆمییانه پاش ئه‌و شكانیانه له‌مه‌ولا زاڵ ئه‌بن به‌سه‌ر سوپای فارسدا ، له ماوه‌ی ساڵێكه‌وه تا نۆ ساڵ ، حوكم‌و فه‌رمان هه‌ر بۆ خودایه له پێش ئه‌و رووداوه‌داو له پاش ئه‌وه‌یشدا ، وه له‌و رۆژه‌دا كه رۆمه‌كان زاڵ‌ئه‌بن به‌سه‌ر فارسا موسوڵمانه‌كان به‌و سه‌ركه‌وتنه‌و به‌و یارمه‌تیدانه‌ی خودا بۆ سوپای رۆمه‌كان شادمان ئه‌بن . یاخود موسوڵمانه‌كان له‌و رۆژه‌دا به یارمه‌تی خودا بۆ خۆیان شادمان ئه‌بن ، وه خودا خواستی له یارمه‌تیدانی هه‌ركه‌سێ بێ یارمه‌تی ئه‌داو خودا

خاوەن عیززەتەو خاوەن پایەیەو ، لەگەڵ بەندەکانی خۆیشیا میهرەبانەو بە حیکمەت رەفتاریان لەگەڵدا ئەکا •

ریوایەتکراوە : کە سوپای فارس هاتن بۆ سەر سوپای رۆم و لە (اذرعات)و (بصری)دا پێیان گەیشتن کە ئەو شوێنانە لەو رۆژەدا نزیکترینی وڵاتی رۆم بو لە خاکی حیجازەوەو بە یەکدا هاتن و فارسەکان زاڵبوون بەسەر رۆمیەکاناو ئەم باسە گەیشتە (مەکە)و موشریکەکان زۆریان پێخۆش بوو ، چونکە فارسەکان ئاگرپەرست و موشریك بوون و هاومەشرەبی کافرە عەرەبەکان بوون •

جا دەستیان کرد بە رقەبەری لەگەڵ موسوڵمانەکاناو پێیان وتن : وەکوو فارسەکان زاڵ بوون بەسەر رۆما ئێمەیش زاڵ ئەبین بەسەر ئێوەدا • جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوەو حەزرەتی ئەبوبەکر رۆیشت فەرمووی : بمرن خودا چاوتان رووناك ناکاتەوەو ، لە ماوەیەکی کەمدا رۆمیەکان زاڵ ئەبن بەسەر فارسەکانا • جا (ابی کوری خلف) هات گرەوی لەگەڵ ئەبوبەکرا کرد لەسەر دە وشتر بۆ وادەی سێ ساڵ لە هەردوو لاوە ، پاش ئەوە رۆیشت ئەم باسەی بۆ حەزرەت گێڕایەوەو حەزرەت وشەی (بضع)ی لە ئایەتەکەدا لە بەینی سێ تا نۆ ساڵدا داناو ، فەرمووی : ماڵی گرەوەکە زۆر بکەو ماوەی گرەوەکەیش بەرزبکەرەوە تا نۆ ساڵ • جا ئەبوبەکر رۆیشت وشترەکانی کرد بە صەد وشترو ماوەکەیشی کرد بە نۆ ساڵ ، پاش ئەوە (ابی) لە پاش رووداوی (احد) لە کاتی گەڕانەوەی کافرەکانا بۆ مەکە لە رێگەدا مرد بە هۆی برینێکەوە کە حەزرەت لێی کردبوو • وە رۆم زاڵبوون بەسەر فارسدا لە رۆژی رووداوی حودەیبیەدا لە ساڵی شەشی کۆچیداو ، ئەبوبەکر ماڵی گرەوەکەی لە میراتبەرانی وەرگرت و هێنای بۆ لای حەزرەت ــ د ــ ئەویش فەرمووی : بیکە بە خێر بۆ موسوڵمانان •

(وَعْدَ اللهِ ، لا يُخْلِفُ اللهُ وَعْدَهُ ، وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ (٦) يَعْلَمُونَ ظَاهِراً مِنَ الحَيَاةِ الدُّنْيا ، وَهُمْ عَنِ الآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) (٧)

خودای تەعالا بەڵێنی داوە بە سەرکەوتنی رۆم بەسەر فارسدا لەو ماوەداو ، بە شادمانی موسوڵمانان بە سەرکەوتنی خودا لەو رۆژەدا ، وە خودای تەعالا لە بەڵێنی خۆی لاناداو ، بەڵێنی خۆی بەجێدێنێ ، بەلام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن • بەس زانان بە پێویستی بازێ شتی دیاری بۆ ژیانی دنیا ، ئیتر ئەوان لە فامی پێویستی پاشەرۆژ کە ئیمانو کردەوەی باشو وازهێنان لە تاوانباریو کردنی کردەوەی باشە •• بێئاگان •

(أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ ما خَلَقَ اللهُ السَّماواتِ والأَرْضَ ومَا بَيْنَهُما إلاَّ بِالْحَقِّ وأَجَلٍ مُسَمّىً ؟ وإنَّ كَثِيراً مِنَ النَّاسِ بِلِقاءِ رَبِّهِمْ لَكافِرُونَ) (٨)

ئەوە ئەو ئادەمیزادانە بیرناکەنەوە لە نەفسی خۆیاناو ، لەوەدا کە خودا ئەم ئاسمانانەو زەویو ئەوەی لە نێوانی ئەواندایە دروستی نەکردوە بەحەقو راستی نەبێو لەسەر یاسایەکی راستو ماوەیەکی دیاری نەبێ کە ئەوەنە چەرخو ساڵ بمێنن ؟

وە بێگومان گەلێ لە ئادەمیزاد باوەریان بە گەیشتنی خودای خۆیان نیەو باوەریان نیە بەوە کە لە پاش مردن زیندووئەکرێنەوەو قیامەت دێو پێویستە کە هەموو هۆشیارێ بچنە لای خودا بۆ لێپرسینەوەو ، بێ کەمو زۆر لای خودا حسابیان لەگەڵا بکرێ •

(اَوَلَمْ يَسيرُوا في الاَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ
الَّذينَ مِنْ قَبْلِهِمْ؟ كانُوا اَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً، واَثارُوا الاَرْضَ
وعَمَرُوها اَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا ، وجاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ ،
فَما كانَ اللهُ لِيَظْلِمَهُمْ ولكِنْ كانُوا اَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (٩)
ثُمَّ كانَ عاقِبَةَ الَّذينَ اَساؤُا السُّوءى : اَنْ كَذَّبُوا بِآياتِ اللهِ
وكانُوا بِها يَسْتَهْزِئُونَ) (١٠)

ئایا ئەم ئادەمیزادانە نەگەڕاون بە سەر زەویدا تا تەماشا بکەن بزانن ئەنجامی کافرانی پێش ئەمان چۆن بوە ؟ لە هێزی چەکی جەنگیدا لە تیرو شیرو رمو کەوانو قەڵغانو زرێو تاس‌کڵاوو ••• شتی تردا لەمان زیاتر بوونو زۆرتریان هەبوو ، زەوییان لەمان زیاتر هەڵگێڕایەوە بۆ دۆزینەوەی کانو دەرهێنانیانو ، دەرکردنی ئاوی سەرچاوەکان بۆ کشتوکاڵی رەسا بۆ دانەوێڵەی خواردەمەنیو ، زیاتر لەمان زەوییان ئاوەدان کردەوەو وڵاتیان قەرەباڵغ کردو ، کاتێ پێغەمەرەکانیان بە موعجیزەگەلێکی دیاریو روونەوە هاتن بۆ لایان بە هەموو جۆرێ بەرهەڵستییان کردن ، هەتا خودا هەمووی لەناوبردن ، وە خودا لەوانە نیە ستەم لەوانە بکا ، بەڵام ئەو کافرانە هەر خۆیان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد •

جا پاش باسی ئەحواڵی ئەوانە بزانن کە ئەنجامی ئەو کەسانە کە کارو کردەوەی ناشیرین ئەکەن ئەنجامێکی زۆر خراپە لەبەر ئەوە کە ئایەتەکانی خودایان بەدرۆئەخستەوەو گاڵتەیان پێ‌ئەکردن •

(اللهُ يَبْدَأُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعيدُهُ ثُمَّ إليْهِ تُرْجَعُونَ) (١١)

بزانن ! لە سەرەتاوە خودای تەعالا دەست ئەکا بە دروستکردنی ئەم مەخلووقاتەو، پاش ماوەیێ ئەیانمرێنێو ، لە پاش تەواوبوونی عالەمی بەرزەخ زیندوویان ئەکاتەوەو گیان ئەکاتەوە بە بەریانا ، پاش ئەمانە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا بۆ حسێبو کتێب •

(وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُبْلِسُ الْمُجْرِمُونَ (١٢) وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ مِنْ شُرَكَائِهِمْ شُفَعَاءُ، وَكَانُوا بِشُرَكَائِهِمْ كَافِرِينَ) (١٣)

وە لەو رۆژەدا کە قیامەت دێتە پێشەوە تاوانبارەکان سەرگەردان ئەبن لە ناو ئەوانەدا کە لە دنیادا بە هاوبەشی خودایان دانابوونو ، لەناو ئەو خودا درۆینانەدا کە کردبوونیان بە هاوبەشی خودا تکاکاریان دەس ناکەوێو، لەو کاتەدا کە دەستیان لە هەموو لایەك بەر ئەبێ ، لە خوداکانیان هەڵئەتەکێننو بێباوەڕییان لە عاستدا دەرئەبڕن !

(وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ ، يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ (١٤) فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ (١٥) وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الْآخِرَةِ فَأُولَئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ) (١٦)

وە لەو رۆژەدا کە قیامەت دایێ پەریو ئادەمیزاد بەش بەش ئەبن ، جا ئەوانە کە باوەڕیان بە خودا بووەو کردەوەی باشیان کردوە وان لە ناو باخچەی بەهەشتاو شادمانن بە تەواوی • ئەوانەیشیان باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر نەبوەو ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستوەتەوەو ، زیندوبوونەوەو پاشەڕۆژیان بە درۆ زانیوە ئەوانە وان لە سزاداو بە زۆر هێنراون بۆ سزادان •

(فَسُبْحانَ اللهِ حِينَ تُمْسُونَ وحِينَ تُصْبِحُونَ (١٧) ولَهُ الْحَمْدُ فِي السَّماوَاتِ والأَرْضِ وعَشِيّاً ، وحِينَ تُظْهِرُونَ (١٨) يُخْرِجُ الحَيَّ مِنَ المَيِّتِ ويُخْرِجُ المَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ ، ويُحْيِي الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِها ، وكَذلِكَ تُخْرَجُونَ) (١٩)

مادام ئاگات لە گەورەیی‌و توانایی ئەو خودا هەیە کە بناغەی دروستکردن‌و بەدیهێنان لەوەوەیەو ، لە پاش مردن خەڵك زیندوو ئەکاتەوە ... دەی بۆ یادی ئەو خودایەو ، بۆ دەوامی حوزووری ئەو خاوەن هێزو دەسەڵاتە تەسبیحی بکەو بە دووری بگرە لە هەموو کەمییەك‌و بەیانی‌و ئێوارە تەسبیحی بکەو ، بزانە سوپاس‌و ستایش هەر بۆ ئەو خودایە لە ئاسمانەکاناو لە زەویداو ، هەر وەها تەسبیحی بکە لە داهاتنی شەواو ، لە کاتێکدا ئەکەونە نیوەڕۆ .

ریوایەت‌کراوە : لە ئیبن‌و عەباسەوە ــ خ ــ کە ئەم ئایەتە داگری پێنج فەرزەی نوێژە ؛ بە (تمسون)ە نوێژی شێوان‌و خەوتنان‌و ، بە (تصبحون)ە نوێژی سبەینێ‌و ، بە (عشیا) نوێژی عەسرو ، بە (تظهرون)ە نوێژی نیوەڕۆ ئەگەیەنێ .

وە بازێ فەرموویانە : هەڵئەگرێ بە (تمسون)ە نوێژی عەسرو مەغریب‌و ، بە (عشیا) نوێژی خەوتنان‌و ، بە (تظهرون)ە نوێژی نیوەڕۆ ئیعتیبار بکرێ .

وە هۆی تایبەتیدانی ئەم کاتانە بە تەسبیحاتەوە ئەوەیە کاتی سبەینێ وەك سەرەتای کاتی دروستکردنی ئینسان وایەو ، ئێوارە وەکوو کاتی پیری وایەو، کاتی (عشا)یش لە کاتی مردن‌و بەجێهێشتنی دنیا و ، کاتی نیوەڕۆیش

لە کاتی گەنجیو بڵێسەی جوانیو ئارەزووی ئینسانی ئەچێ • جا مادام ئینسان لەم کاتانەدا خودای لەبیر نەچێتەوە ئیتر خودای لەبیر ناچێتەوە •

وە خودا خودایەکە لە مردوو زیندوو دروست ئەکاو لە زیندوو مردوو دەرئەکا ، لە مادەی خاكو خۆڵی بێ گیان گیانلەبەرانو ئینسانو گیاو گوڵو داری بەرو زیندەوەرانی تر دروست ئەکات • وە لەم مادە زیندوە شتێ دروست ئەکا بێ گیانە ، وە هەم ئیشارەتە بە دروستکردنی ئینسانی خاوەن زانیاریو خاوەن تەواناو شارەزا بە حەقیقەت لە ئینسانی گێلو بێ نرخ ، وە بە دروستکردنی ئینسانی عادیو مادیو بێ فام لە باوکی بەرزو بەنرخ، خودا دەستی ئەڕوا بە هەموو بارێکا •

وە ئەو خودا خودایەکە زەوی وشکی بەدتەشکی پڕ لە تۆزو غوبار زیندووئەکاتەوە بە رواندنی گوڵو داری خاوەن بەرو کشتوکاڵی بەسوود بۆ گیانلەبەران ، بە تایبەتی بۆ ئادەمیزاد ، وە ئێوەیش پاش مردن وەها لە گۆڕەکانتان دەرئەکرێن •

(وَمِنْ آيَاتِهِ : أَنْ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ، ثُمَّ إِذَا أَنْتُمْ بَشَرٌ تَنْتَشِرُونَ) (٢٠)

لە نیشانەکانی تەوانایی خودای تەعالایە کە ئەی ئادەمیزاد ئێوەی دروست کردوە لە گڵێکی بێ گیانی داکەوتوو ، وە پاش ئەو دروستکردنی یەکەم جارە پەرەتانسەندو ، بۆ ژیواری ماوەی ژیانتان لە جیهانا دنیاتان گرتەبەرو ، بڵاوەتان کرد لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرنشینو لە باکوورەوە بۆ باشوور •

(ومِنْ آياتِهِ : أنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أنفُسِكُمْ أزْواجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْها ، وجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً ورَحْمَةً ، إنَّ فِي ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)

وە لە نیشانەکانی شانی خودایە کە لەبەر ئەوە کە ویستی ئـادەم‌و ئادەمیزاد جێگر بن لە زەویدا ئارەزووی نەفسی لە وجوودتانا دروست‌کردو، هەر لە نەوعی خۆتانا مێینەی دڵخوازی بۆ دروست‌کردن ، تـا هەردولاتان مەیلی ئەولا بکاو بە یەکەوە ئاسایش بکەن‌و ، دڵتان دامەزرێ لە ویستنی دیمەن‌و هەستان‌و دانیشتنیاناو ، دروستیشی کردوە لـە ناوتانا ئارەزوو خۆشەویستیەکی نەفسی‌و میهرەبانی‌و دڵسۆزی بۆ سـەرپەرشتی سوودی شەخسیتان ، تا بە یەکەم بار ئارەزووی نەفسی کاری خۆی تەواو بکاو ، بە دووەم کار دڵ ئەمین بێ لەسەر ماڵداری‌و دارایی‌و ژین‌و ژیواری نیشتمانی ، بە راستی لەم جۆرە کارە نایابە خوداکردەدا گەلێ بەڵگەو نیشانەی ژیرانە هەیە بۆ گەلێ کە خاوەن بیرو تەگبیرن •

(ومِنْ آياتِهِ : خَلْقُ السَّماواتِ والأَرْضِ ، واخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وأَلْوانِكُمْ ، إنَّ فِي ذلِكَ لآياتٍ لِلْعالِمِينَ) (٢٢)

وە لە نیشانەکانی گەورەیی خودایە : دروسـتکردنی ئاسـمانەکان‌و رووناککردنی جیهان بە رۆژی هەڵگیرساوی جیهان‌ڕۆشن‌کەر ، هەتا بـە پرتەوی تیشکی بازبردووی بۆ سەر زەوی دەوری خۆی تەواو بکا لـە پەیدابوونی شەوو رۆژاو ، لە کەسابەت‌و ئاسایشی گیانلەبەراناو ، لـە پێگەیاندنی کان‌و گیاو گوڵ‌و داری خاوەن‌بەرو بێشەی خـاوەن نـرخ‌و خزمەتکردنی تەندروستی ئینسان‌و باقی گیانلەبەرانداو،دروستکردنی زەوی‌و

ده‌ریای موحیطی کوره‌ی زه‌وی‌و ، دروستکردنی جۆره‌ها گیانله‌به‌ران تیایاو ، جۆره‌ها دوڕو ماده‌ی به‌ نرخ بۆ سوودی ئێوه‌ •

وه‌ جیاوازی زمان‌و ئاوازو به‌رزو نزمی مۆسیقاری وتارتان‌و ، جیاوازی شێوه‌و په‌یکه‌رو ره‌نگ‌و ڕێکی‌و له‌باری پارچه‌کانی له‌شتان له‌سه‌ر موناسه‌به‌ی ولآت‌و ئاوو هه‌وای ناوچه‌کانتان ، به‌ جۆرێ که‌ دوو برای دوانه‌ ئــه‌وه‌نه‌ جیاوازی ناسکیان هه‌یه‌ مه‌گه‌ر ئینسانی ناسکبیر بتوانێ بیانژمێرێ • بــه‌ راستی له‌م ورده‌کارییه‌دا گه‌لێ به‌ڵگه‌ی به‌هێز هه‌یه‌ له‌سه‌ر په‌روه‌ردگاری‌ی خودای زانای ته‌وانا بۆ ئه‌و که‌سانه‌ که‌ زانان به‌ نهێنی کار •

زانـا وه‌رئـه‌گـرێ بــه‌ زانـایی خۆی
هێزێك بــۆ تـاوی تـه‌وانـایی خــۆی
بــه‌ ته‌وانـای خــۆی لــه‌ رووی جیهـانا
ده‌ســت ئه‌دا به‌ســـه‌ر تاجی شــاهـانا

(وَمِنْ آيَاتِهِ : مَنَامُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ، وَابْتِغَاؤُكُمْ مِنْ فَضْلِهِ ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ) (٢٣)

وه‌ له‌ نیشانه‌کانی حیکمه‌تی خودایه‌ : نوستنتان له‌ شــه‌وو رۆژاو ، که‌سبکردنی هۆی ژیواری خۆتان له‌وه‌ی که‌ خودا بــــه‌ میهره‌بانی خۆی داویه‌تی به‌ ئاده‌میزاد ، خوا شه‌وتان بۆ خه‌وو ، رۆژتان بۆ که‌سب‌و کار بێ . وه‌کو یاسای زۆربه‌ی ئینسانه‌ • یاخود له‌ شه‌وا بازێکی بۆ نوستن‌و بازێکی بۆ ماڵ به‌ده‌س‌هێنان بێ ، هه‌روا له‌ رۆژیشدا بازێکی بۆ که‌سب‌و کار بێ‌و بازێکی بۆ نوستن‌و ئاسایش بێ • بێگومان له‌ دامه‌زراندنی یاسای خــه‌وو بێداریدا گه‌لێ به‌ڵگه‌ هه‌یه‌ بۆ کۆمه‌ڵێ گوێچکه‌ی بیستنی ئامۆژگارییــان بێ •

(وَمِنْ آيَاتِهِ يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفاً وَطَمَعاً ، وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَيُحْيِي بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (٢٤)

وه له بەڵگه گەورەكانه لەسـەر وجوودو ژیانو زانایی‌و تەوانایی‌و خواستی خودای تەعالا ئەمه : كاتێ بیەوێ فەرمان ئەدا به با ئەجووڵێ‌و هەور راست ئەكاتەوەو بەرزی ئەكاتەوەو ئەیبا بۆ ئاسمانی ولاتێ پێویستی به باران بێ • جا فەرمان ئەدا به فریشتەی مەئمووری ئاسمانی‌ی هەتا پارچه هەورەكان بازێكیان هێزو تەكان بخاته سەر بازێكیان‌و به هۆی هێزی ئاگرینی ئـەو هەوره بروسكەتان نیشان ئەدا ، بۆ ئەوه له كارەساتی ئاسمانی بترسن‌و تەماتان به فەڕو پیتی باران پەیدا ببێ‌و ، لەم كاتەدا دەست ئەكا به كارو له ئاسمانەوه ئاوتان ، لەسەر ئەندازه ، بەسەردا ئەبارێنێ . جا زەوی ئـەو ولاتەی پێ زیندو ئەكاتەوه به بارەی بەسوود ، پاش ئەوه كه مردوو بێ خێر بوو ، بێگومان لەمانەیشدا گەلێ بەڵگەی گەورەیی بۆ خودا هەیه ، بۆ گەلێ كه عەقڵی بیركردنەوەیان بێ •

(وَمِنْ آيَاتِهِ : أَنْ تَقُومَ السَّمَاءُ وَالأَرْضُ بِأَمْرِهِ ، ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِنَ الأَرْضِ إِذَا أَنْتُمْ تَخْرُجُونَ) (٢٥)

وه له بەڵگه گەورەكانه لەسەر گەورەیی خودا ئەمه كه ئاسمان‌و زەوی هەركام له شوێنی خۆیانا لەسەر حاڵی خۆیان ماونەتەوەو ئەو كاره كه بۆیاز بڕیار دراوه به جێگەی دێنن ، ڕۆژه پڕتەو دائەدا بـه هـەموو جیهاناو ، ئەستێرەكانه وان له هەڵسووڕاناو ، زەوییه وا له وەرگرتنی پڕتەوو باو بارانا ••• وه بەم شێوه لەسەر فەرمانی خودای تەوانا هـەر شتێ كاری خۆی

ئەکاو هەر بەشداریێ بە قەی حاڵی خۆی بە بەشی خۆی ئەگا • پاش ئەمەیش هەر کاتێ بانگتان بکا بۆ ئیستگای حساب هەموو بە گورجی لە گۆڕ دەرئەچن بۆ مەیدانی حساب •

(ولَهُ مَنْ فِي السَّماواتِ والأَرْضِ . كُلٌّ لَهُ قَانِتُونَ) (٢٦)

هەر بۆ خودای تەعالایە بە ئیجادی وجوودو بوودو نابوود هەرکەسێ لە ئاسمانەکانایە لە فریشتەو ، هەرکەس لە زەویدایە ، هەریەکێ لەوانە تەماشا بکەی لە : پەریو ، ئادەمیو ، فریشتە ملکەچو فەرمانبەرداری ئەون ، وانە وان لە ژێر هێزی تەوانایی ئەودا •

(وهُوَ الَّذي يَبْدَأُ الخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ، وهُوَ أَهْوَنُ عليهِ ، ولَهُ المَثَلُ الأَعْلَى فِي السَّماواتِ والأَرْضِ ، وهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٢٧)

خودا خودایەکی وایە کە لە نەبوونەوە مەبەستی خۆی لە کائیناتو لە ئادەمیزادو غەیری ئەمانە دروست ئەکاو ، تا ماوەیەکی زۆر یا کەم رایان ئەگرێ ، جا هەرکەس لە کاتی ئاکامی خۆیدا ئەمرێو ، لە پاش ماوەی بەرزەخ زیندوویان ئەکاتەوە.وە لەبەر چاوی یاسا تەماشاکردوودا ئەم زیندووکردنەوە بۆ خودا ئاسانترە ، چونکە کەم یا زۆر مادەو پەیکەری مردووەکە هەیە لە بەردەستا ، بەڵام لە کاتی دروستکردنی یەکەم جارا هیچ دیار نەبووەو . لەبەرچاوی تەماشای تەوانایی خوداکردوودا هیچ جیاوازی لە نێوان یەکەمو دووهەما نیە •

فاعیل صانیعی تەوانا ماوە
مومکین وەکو خۆی وا راوەستاوە

شـــیرەکەی تیژەو دارەکەیش تەڕە
بڵێی نایبـڕێ ، ئاخـرت شـــەڕە

وە بۆ خودایە سیفەتو شانی بالاتر لە هەموو بالاییَ لە تەئثیرات لـە ئاسمانەکاناو لە زەویدا ، وە یاخود ئیقرار ئەکا بەو سیفەتو شانە هەرکەس وا لە ئاسمانو زەویدا مادام هۆشیارو بێدار بێ ، وە خودا خاوەن عیززەتەو بەرزێکە نزم نابێتەوەو ، خاوەن حیکمەتێکە لە کارەکانیا بە زمانی راستگۆ رەخنە ناگیرێ •

(ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلاً مِنْ أنْفُسِكُمْ : هَلْ لَكُمْ مِنْ مَا مَلَكَتْ أيْمانُكُمْ مِنْ شُرَكاءَ فِي ما رَزَقْناكُمْ ، فَأَنْتُمْ فِيهِ سَواءٌ تَخافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أنْفُسَكُمْ؟كذلِكَ نُفَصِّلُ الآياتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ) (٢٨)

خودای تەعالا تەشبیهێکی جوانی نایابی بۆ بەیان کردوون کە لە سیفاتو ئەحواڵی خۆتانو عائیلەتانا وەرئەگیرێ بۆ ئەوە کە حەق لە پووچ جیـــا بکەنەوەو پووچەکە پووچ بکەنەوەو ، راستەکە راست بکەنەوەو لەسەری دامەزرێن • وە ئەڵێ : ئایا ئێوە لەو بەندانەدا کڕیوتانن چەن شەریکێکتان هەیە لەو دارایيو ماڵەدا کە ئێمە کردوومانە بە رۆزی ئێوە ، بە جۆرێ کە ئێوە هاوشانو هاومیزان بن لە گەڵیانا ، وەکوو دوو برا لە میراتی باوکیاناو، لێیان بترسن لە تەسەڕوفاتا ، وەکوو چۆن ئەترسن لە شەریکی شـــەرعی لە نەفسی مالیکەکانا ؟ دیارە ئەڵێن : نەخەیر •

مەملووك مەملووکە عەبدەو خزمـەتکار
چون دێتـە مەیـدان بـە وێنەی سەرکار
ئەگـــەر بـە خـــەتـــا دەم بکـاتـــەوە
چـەبووك جـوابی جـوان ئـەداتـەوە

واتە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە ئەگەیەنێ بزانن خودای تەعالا زاتێکی زانای تەوانای خـــاوەن کائیناتەو هەموو بەشەکانی عالەم لە نەبوونەوە لەسەر خواستی ئەو هاتوەتە بوون . جا ئیعتیباری یەکێ لەوانە کـــە خودا دروستی کردوون بە شەریك بۆ زاتی خودا لە خودایەتیدا ، لەوە ئەچێ کە پیاوێکی خاوەن دەستەلاتی دارا چەن بەندەیێ بە پارە بکرێ بۆ خزمەتکاری و لەناو ئەوانا یەکێ یا دوو بەندە راست بینەوەو بلێن : ئەی گەورەی ئێمە ئەم دارایی تۆیە شەریکیمانەو لە بەینی تۆو ئێمەدایەو . نابێ بێ خواستی ئێمە تەسەڕوفی تێدا بکەی .

جا ئەی ئادەمیزادە کافرەکان ئەگەر کاری وا بۆ خۆتان رەوا ئەبینن بۆ خودایشی رەوا ببینن ، بەڵام دیارە هەرگیز ئەوە بۆ خۆتان رەوا نابینن دەی چۆن بۆ خودای رەوا ئەبینن ؟

(بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ . فَمَنْ يَهْدِي مَنْ أَضَلَّ اللهُ ؟ وما لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ) (٢٩)

واتە واز لە هێنانەوەی نموونەی جوان بێنە بۆ ئەو ستەمکارانە ، ئەوانە گومڕان ، واتە : ئەو ستەمکارانە بە بێ زانست شوێن هەوای ئارەزووی خۆیان کەوتوونو . ئەوەندە سەرپێچییان لە راستی کردوە هـــەتا خودا گومڕای کردوون . جا ئیتر کێ هیدایەتی ئەو کەسانە ئەدا کە خودا گومڕای کردوون ؟ کەس نیە هیدایەتیان بداو کەس نیە رزگاریان بکا لە گومڕایی لە دنیاداو لە سزا لە پاشەڕۆژا .

(فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً . فِطْرَةَ اللهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا . لا تَبْـدِيلَ لِخَلْقِ اللهِ . ذَلِكَ الدِّينُ القَيِّمُ . ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (٣٠)

ئەی رەهبەری خۆشەویشت هەموو رەهبەرێ لە جیهانا دۆستو دوژمنی بە قەی خۆی هەیەو ، بە هۆی چەن دوژمنێکی سەرسەختەوە نابێ تەرکی یاسای تەبلیغاتی خۆیان بکەن • کە وایە تۆ زاتی خۆت راست بکەرەوە بۆ خزمەتی دینو ، لابدە لە هەموو شتێکی نارەواو ناحەق ، وە لەسەر ئـەو سیفەتو فیطرەتە دامەزراو بە کە خودا دروستی کردووی لەســەریو • برێتییە لە ئامادەیی و وەرگرتنی حەقو ، گۆڕان بۆ ئەو فیطرەتە نیە ، بــەلام ئەوانە نامەردو سەرسەختن حەساری ئاگری شەڕ ئەکەن بە دەوریاو نایەڵن حەقی تێ بچێ • وە ئەوانە کە بەختیارن دەورو پشتەکەی پاك ئەکەنەوە لە خەیالاتی پووچو بێسوودو ، جوانی ئەکەن بە یادی خوداو هاوڕێتی چاکانو هاوڕازی پاکان بە جۆرێ کە ئەو غەریزەو فیطرە ئەبێ بە سەرچاوەی نەشو نمای کردەوەی باش • جا ئەم دینە کە موافیقی فیطرەتو غەریزەیە ئەمەیە دینی راستی دامەزراو ، بەلام زۆربەی ئادەمیزاد ئەم نوکتە نازانن •

وە بازێ لە خـاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : مەبەس ئەمــە نیە کــە گۆڕان نیە بۆ ئەو غەریزە ، بەڵکو مەبەس ئەوەیە ئەو دینە کە خودای تەعالا بڕیاری داوە وەکو تەوحید بێ بە هیچ جۆری گۆڕان رووی تێ ناکاو ، دنیا هەڵسێ دین هەر دینــە ، هەرکەس وەری ئەگرێ قازانجی بۆ خۆیەتیو ، هەرکەس پێی رازی نابێ خۆی زیانمەند ئەبێ •

بە هەرحاڵ هەردوو ماناکە راستن • ئەتوانین بڵێین غــەریزەو سیفەتی نەفسی بە کەس ناگۆڕێ ، ئەگەر مانیعی بۆ پەیدا بوو ئیش ناکاو ، ئەگەر مانیع نەبوو ئیش ئەکا • وە ئەیشتوانین بڵێین : دینی خودا کە خودا بە یەك زانینە ناگۆڕێو دامەزراوە هەتاهەتایە • (لا اله الا الله ، والرسل رسل الله ، وخاتمهم محمد حبيب الله ورسول الله • آمنا به، وصدقنا برسالته ، ونسأل الله ان يتوفانا على هذا الايمان بالأمان) •

وە بازێ فەرموویانە : مانای (لا تبدیل لخلق الله) نەفی تەبدیل نیە : کە بڵێت : هەرگیز گۆڕان بۆ مەخلووقی خودا نیە ؛ چونکی تەماشا ئەکەی ئاو ئەکوڵێ ئەبێ بە هەواو ، هەوا ئەبێ بە ئاوی بارانو . دار ئەسووتێو ئەبێ بە خۆڵ ... بەڵکو مەبەس ئینکاری گۆڕانی مەخلووقی خودایە • واتە کە مادام خودا ئەم فیطرەتە جوانەو ئەم ئامادەییە باشەی بۆ دروست کردوون مەیگۆڕنو مەیکەن بە توانای کاری نابارو ناهەموارو لە کردەوەی ناشیرینا سەرفی مەکەن •

(مُنِيبِينَ إِلَيْهِ ، وَاتَّقُوهُ ، وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ ، وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) (٣١)

واتە رووی خۆتان راست بکەنەوە بۆ ئایینی ئیسلام ، لە حاڵێکداو بە شێوەیەك کە گەڕابنەوە بۆ لای خاوەن دینەکە کە خودایێو ، لـــە خودا بترسنو فەرمانەکانی بەجێبێننو ، حەرامکراوەکانی تەرك بکەنو ، بـــە تایبەتی لە ناو واجباتەکانیا نوێژەکان باش تەماشا بکەنو بەجێیـــان بێنن لەگەڵ ئادابو مەرجەکانیاناو بە هیچ جۆرێ لە کافرەکان مەبن •

(مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً ، كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ) (٣٢)

واتە لە کافرەکانو موشریکە بێ هۆشەکان مەبن کە دینە بتپەرستیەکەی خۆیشیان پرژو بڵاوکردەوە لەبەر هەوای نەفسو ، بازێکیـــان (لات) ئەپەرستنو . بازێکیان (عزی)و ، بازێ (هبل)و ... غەیری ئەوانەو ، بوون بە چەن کۆمەڵێکی ناهەموارو ، هەموو کۆمەڵێکیشیان شادمانن بەوەی وان لەسەری لە بیرو باوەڕو ، ئەوەندە عەقڵیان نیە کە لە ئوصوولی دینو بناغەی ئیعتیقادا لەوانە نیە بیرگەلی جیاجیا هەموویان راست بن •

(وإذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌ دَعَوْا رَبَّهُمْ مُنِيبِينَ إلَيْهِ ، ثُمَّ إذَا أذَاقَهُمْ مِنْهُ رَحْمَةً إذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ (٣٣) لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ ، فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ! (٣٤) أمْ أنْزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا بِهِ يُشْرِكُونَ) (٣٥)

واتە کاتێ بارێکی نابار ، وەکوو : ناساغی ، یا نەبوونی ، یا داماوی•• بێت بەسەر ئادەمیزادا لەو کاتەدا لە خودای خۆیان ئەپاڕێنەوە بە حاڵی گەڕانەوە بۆ لای ئەو • پاش ئەوە کاتێ بە هۆی چاکی خۆیەوە لە میهرەبانی خۆی شتێکیان بداتێو کامەرانیو شادییەك بچەژن کوتوپڕ ئەوانە لە وەزعە پێشوەکەی خۆیان وەرئەگەڕێنەوەو تاقمێ لەوانە هاوبەشو هاوڕێ بۆ خودا دائەنێنو ، نیسبەتی ئەو نیعمەتە لە بتێ لە بتەکانیان ئەدەنو . ئەنجامی ئەم حاڵە ئەوەیە کە کوفر بکەن بەو نیعمەتە کە پێمان داون ، جا رابوێرن لەمەولا ئەزانن وەزع چۆنەو ، لە دنیادا یا لە قیامەتا دەبینن کار چۆن ئەبێ ! یا خەیر بۆیە وا ئەکەن چونکی فریشتەیەکی خاوەن هێزم ناردوەتە سەریانو ئەو قسەیان لەگەڵا ئەکا بە قەبوولکردنی ئەو بتانە کە ئەوان کردوویانن بە هاوڕێ بۆ ئێمە •

(وإذا أذَقْنا النَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا بِهَا ، وإنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أيْدِيهِمْ إذَا هُمْ يَقْنَطُونَ) (٣٦)

وە هەرکاتێ خۆشیو رەحمەتێك بە ئادەمیزاد بچەژین پێی شادمان ئەبن ، بەڵام ئەگەر خراپەیەکیان تووش بێ بە هۆی ئەو کارە نابارانەوە کە دەستی خۆیان پێشی خستوون تەماشا ئەکەی کوتوپڕ لە رەحمەتی خودا نائومێد ئەبن •

(اَوَلَمْ یَرَوْا اَنَّ اللهَ یَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ یَشَاءُ وَیَقْدِرُ ؟
إِنَّ فِي ذلِكَ لآياتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٣٧) فَآتِ ذا القُرْبى حَقَّهُ
والمِسْكِينَ وابْنَ السَّبِيلِ ، ذلِكَ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ
اللهِ ، واولائِكَ هُمُ المُفْلِحونَ) (٣٨)

ئایا ئەو خەڵکە نابینن‌و نازانن کە بە راستی خودای تەعالا رۆزی بڵاوئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لێ بێ‌و ، کەمیشی ئەکاتەوە لە هەرکەسێ بیەوێ ؟ بە راستی لەم بەشکردنەدا گەلێ بەڵگە هەیە لەسەر هێزو حیکمەتی خودا بۆ گەلێ باوەڕیان بێ •

دەی جا مادام رۆزی هەموو لە لایەنی خوداوە ئەگات‌و لە ئێوەوە نیە دەی حەقی خزمەکانتان بدەن‌و ، سیلەی رەحم بەجێ بێنن لەگەڵیاناو ، بەشی هەژارو داماوو رێبواران بدەن لە واجیباتی زەکات‌و نەزرو باقی حەقەکان • ئەم بەشدانە باشە بۆ ئەو کەسانە رەزای خودایان مەبەستە ، وە ئەوانە لە سزا رزگار ئەبن •

(وما آتَیْتُمْ مِنْ رِباً لِیَرْبُوَ فِي اَمْوالِ النَّاسِ فَلا یَرْبُو
عِنْدَ اللهِ ، ومَا آتَیْتُمْ مِنْ زَكاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللهِ فأُولائِكَ
همُ المُضْعِفُونَ) (٣٩)

واتە ئەوەی ئێوە بیدەن بە هاومامەڵەتان لە سوودو قازانج بۆ ئەوە کە ماڵی خەڵکی زۆر بێ ئەوە ئەو زیادەیە لای خودا نابوودەو زیاد ناکا ، وە ئەوەی پێیان بدەن لە زەکات ئەوە ئەو کەسانە ماڵی خۆیان دوو قات زیاد ئەکەنەوە ، یا زیاتر لە دوو قات تا هەر پایەیێ خودا خواستی لێی بێ •

بازێ فەرموویانە : مانای (وما آتیتم من ربا) ئەوەیە : ئـەو ماڵی خۆتانە کە زیاد لە ئەندازەی عادەتی ئەیبەخشن بە خەڵك بۆ ئەوە کە لە ناو ئەوانا وێنەی ئەوەتان بە زیادە بۆ بنێرنەوە ، وەکو ئیستە عادەتە کابرا بایی دوو دینار شتێ ئەدا بە کەسێ بۆ ئەوە کە ئەویش بایی پێنج شەش دینـار ماڵی خۆی بداتەوە بە کابرا .. ئەوە سوودی نابێو زیادەی لێ پەیدا نابێ ، نە لە ماڵی کابرای ماڵدەراو ، نە لە ماڵی کابرای ماڵی پێدراوا .

(اللهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ، ثُمَّ رَزَقَكُمْ ، ثُمَّ يُمِيتُكُمْ . ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ، هَلْ مِنْ شُرَكَائِكُمْ مَنْ يَفْعَلُ مِنْ ذَلِكُمْ مِنْ شَيْءٍ ؟ سُبْحَانَهُ وتَعَالى عَمَّا يُشْرِكُونَ !) (٤٠)

خودای عالەم خودایەکە ئێوەی لە نەبوون دروستکردوە ، پاش ئەوە رۆزی پێداون ، پاش ئەوە ئەتانمرێنێ ، پاش ئەوەیش زیندووتان ئەکاتەوە . جا ئایا لە ناو ئەوانەدا کە ئێوە بە هاوبەشی خوداتان داناون کەسێ هەیە کارێکی وەها بکا ؟ حاشا ! جا خودا پاکەو دوورە لەوانە کە ئـەو کافرانە کردوونیان بە هاوڕێ بۆ خودا !

(ظَهَرَ الفَسَادُ فِي البَرِّ والبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ اَيْـدِي النَّاسِ ، لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ)(٤١)

واتە دەرکەوتوە ، یاخود زۆر بوە بەدکاری لە وشکانیو دەریادا بـە هۆی ئەو بیرو باوەڕو کردەوە خراپانەوە کە ئادەمیزادان ئەیانکەن . فەسادو بەدی وشکان وەکو تاعوونو ، قاتەساڵیو ، سووتانی زۆر نابارو ، بێ پیتی رۆزیو ، دڵپەرێشانی ... وە فەسادی دەریایش وەکو : ناساغیو،خنکانو، ماتڵبوون لە نەفسی دەریاکەدا ... وە ئەنجامی ئەم فەسادە ئەمەیە کە خودا

هەندێ تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانە بەو خەڵکە بچێژێ ، بەڵکو بە هۆی ئەم دەردو مەینەتەوە بیر بکەنەوەو بگەڕێنەوە لـــەو کردەوە نابارانە کـــە کردوویانن •

(قُلْ : سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَـــةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلُ ، كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُشْرِكِينَ) (٤٢)

تۆ پێیان بفەرموو : بڕۆن گەشت بکەن بە خاکی وڵاتی (جزیرة العرب)داو بە چاوی ورد بڕوانن بۆ نیشانەی وێرانیی وڵاتی ئەو گەلە نافەرمانانە ، هەتا حاڵی ببن چۆن بوە ئەنجامی ئەو گەلە ستەمکارە کە لەپێش ئەوانەوە بوە • وە زۆربەی ئەوان بتپەرست بوون •

(فَأَقِمْ وَجْهَـــكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ ، مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللهِ ، يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ) (٤٣)

ئەی رەهبەری خۆشەویست مادام ئەنجامی لادان لە راستی خراپە دەی تۆ رووی خۆت بکە بەجێهێنانی ئەم دینە راستە دامەزراوە کە دینی ئیسلامە، لە پێش ئەوەدا کە رۆژێ بێ گەڕانەوەی تێـــدا نیە کەس لە دەستی خودا رزگار نابێ‌و ، ماوەی بەرو دوا نیە ، واتە رۆژی قیامەت • لەم رۆژەدا ئـــەم ئادەمیزادانە ، بە تایبەتی نافەرمانەکانیان لە دۆزەخا بڵاوە ئەکەن بە گوێرەی پایەی تاوانیان • یاخود هەموو ئادەمیزاد بەش بەش ئەبن ، ئەوانە کـــە فەرمانبەر بوون بۆ بەهەشت‌و ئەوانە کە نافەرمان بوون بۆ دۆزەخ •

(مَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ ، وَمَنْ عَمِلَ صَالِحاً فَلأَنْفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ) (٤٤)

تۆ لەمە زیاتر خۆت ماندوو مەکەو دڵگران مەبە ، ئەو کەسە کافرەو نافەرمانە کوفرەکەی لەسەر زیانی خۆیەتیو ، ئەو کەسەیش کە کردەوەی باش ئەکا ئەوانەیش بۆ نەفسی خۆیان لە بەهەشتا جێگە خۆش ئەکەن •

(لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْ فَضْلِهِ ، إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الكَافِرِينَ) (٤٥)

ئەو کردەوە باشانە کە موسوڵمانەکان ئەیانکەن ئەنجامەکەی ئەوەیە ، تا خودا پاداشی ئەو کەسانە بداتەوە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردوە بە میهرەبانی خۆی لە ئەندازەی کردەوەکەی خۆیان زیاتر پاداشیان بداتەوە ، بە راستی خودای میهرەبان ئەهلی ئیمانی خۆش ئەوێو کافرانی خۆش ناوێ •

(ومِنْ آياتِهِ : أَنْ يُرْسِلَ الرِّيَاحَ مُبَشِّرَاتٍ ، ولِيُذِيقَكُمْ مِنْ رَحْمَتِهِ ، ولِتَجْرِيَ الفُلْكُ بِأَمْرِهِ ، ولِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ ، ولَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (٤٦)

خودای تەعالا چوار جۆر بای خەلق کردوە ، لە هەواوە هێرش دێنێو ئەڕوا بە دنیادا :

یەکەم : (شەماڵ) ئەمە لە شوێنی دەرهاتنی رۆژەوە هەتا بەرانبەری حەوتەوانان لە نزیکی شیمالەوە دەرئەچێ ، بە زۆری بەسوودە •

دوەم : (جەنووب)ە ئەم بایشە لە لای جەنووبەوە دەرئەچێ ، لە بەینی جێگەی دەرچوونی سوهەیلەوە هەتا جێگەی دەرچوونی کۆ •

سێهەم : صەبایە ، ئەمەیش لە خۆرهەڵاتەوە دەرئەچێ ، ئەم سوودی زۆرە •

چوارەم : (دەبوور) = ڕەشەبا : ئەمە لە خۆرنشینەوە دێ‌و ، ئازاری زۆری بۆ تەندروستی هەیەو ، لە زستانا ساردەو لە هاوینا زۆر گەرمە •

ئەمە لە فەرموودەی حەزرەتا بە (ريح) ناوبراوەو ، ئەو سێ جۆرەکەیان بە (رياح) لەسەر موافیقی ئایەتەکە ، وەکو حەزرەت ـ د ـ لە کاتێکا با ئەهات ئەپاڕایەوەو ئەیفەرموو : خودایە ئەم بایە بکــــە بە یەکێ لە بــا موژدەدەرەکان‌و مەیکە بــە بــاو گێژەڵووکەی ئازارگەیێن بە ئادەمیزادو گیانلەبەرانی تر •

جا خودای تەعالا فەرموویەتی : وە لە نیشانەکانی هێزو تەوانای خودایە کە ئەو با ـ باشانە ئەنێرێ بە موژدەدەر بە : باران ، بە نەسیمی سازگاری کۆساران ، بە نەش‌و نمای گوڵ‌و گوڵزاران ، وە بۆ ئەوەیش کە پێتــــان بچەژێ لەو شتە بە سوودانە کە لەو باو بارانە پەیدا ئەبن ، وە بۆ ئەوە کە کەشتیەکان لە دەریادا بڕۆن‌و ڕێگەی خۆیان بگرن . وە بۆ ئەوە ئێوەیش کەسبی ڕۆزی‌و فەڕو پیتی خودایی بکەن بە بازرگانی‌و ئاڵ‌و وێــرو ، بــە کشتوکاڵ‌و ، بە باخدانان‌و ، باخەوانی‌و ، بە حەیوانلەوەڕاندن‌و چێوداری•• هەتا ژیوارێکی ڕەسا پەیدا بکەن بۆ خۆتان‌و بۆ ماڵ‌و میوانتان بە هیوای ئەوە سوپاس‌گوزاریتان بەجێ‌بێت‌و ، سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئــەو نیعمەتانە •

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ رُسُلاً إِلَى قَوْمِهِمْ فَجَاؤُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ ، فَانْتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا ، وَكَانَ حَقّاً عَلَيْنَا نَصْرُ المُؤْمِنِينَ ﴾ (٤٧)

وە بە ڕاستی لە پێش تۆدا چەن پێغەمەرمان ناردوە بۆ لای گەلەکانیان‌و ئەو ڕەهبەرانە ئایەت‌و بەڵگەی خودایان نیشانی ئەو گەلانە داو ، گەلەکان

لە فەرمانی پێغەمەرەکان دەرچوونو سەرکێشییان کرد . جا تۆڵەی ئـەو سەرکێشیەمان لەو کەسانە سەند کە تاوانبارییان کرد • وە ئەمە یاســـای دامەزراوی ئێمەیەو حەقێکی دامەزراوە لەسەر یاسای دادو فەرمانی خوداییو یارمەتیدانی موسوڵمانان •

(اللهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَاباً ، فَيَبْسُطُهُ فِي السَّماءِ كَيْفَ يَشَاءُ ، وَيَجْعَلُهُ كِسَفاً ، فَتَرَى الوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ ، فَإِذا أَصَابَ بِـــهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبادِهِ إِذا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (٤٨) وإنْ كانُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمُبْلِسِينَ) (٤٩)

خودا خودایەکی وەهایە با خاوەن سوودەکان ئەنێرێو ، هەور بـــەرز ئەکەنەوەو ، خودای تەعالا جارجار ئەو هەورە بە ئاسمانا بڵاوئەکاتەوە چۆن خواستی لێی بێو ، جارجاریش ئەیکا بە پارچە پارچە ؛ جا ئەبینی باران لە ناو بەشەکانی هەورەکەوە ئەبارێ ، چ یەك پارچە بێ ، چ پارچە پارچە بێ • جا کاتێ ئەو بارانە بگەیەنێ بە هەرکەسێ خواستی لێ هەبێ لە بەندەکانی خۆی ــ واتە باران بیارێ بەسەر کشتو کاڵیانا ــ کوتوپڕ ئەوانە شادمان ئەبن ، هەرچەن لە پێش ئەوەدا کە ئەو بارانە بیارێ بەســەریانا بێهیواو نائومێد بوون •

(فانْظُرْ إلى آثارِ رَحْمَتِ اللهِ : كَيْفَ يُحْيِي الأَرْضَ بَعْــدَ مَوْتِهَا ؟ إنَّ ذلِكَ لَمُحْيِي المَوْتى ، وهُوَ عَلى كُلِّ شَـــيْءٍ قَدِيرٌ) (٥٠)

جا تەماشای ئاثاری رەحمەتی خودا بکە کە چلۆن ئەم زەوییە زیندوو ئەکاتەوە لە پاش مردنو بێسوودیو تەپو تۆزی بەرزەوەبووی ، جا بە راستی ئەو خودایە کە ئەو کارە لە جیهانا ئەکا ئەوە مردوەکانیش زیندوو ئەکاتەوەو خودا تەواناو خاوەن هێزە بەسەر هەموو مومکینێ لە مومکیناتا •

(وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحاً فَرَأَوْهُ مُصْفَرّاً لَظَلُّوا مِنْ بَعْدِهِ يَكْفُرُونَ) (٥١)

وە ئەگەر بایێ بنێرینو سوودێکی لێ وەرنەگرن بە هەستاندنی هەورو رژاندنی بارانو . ئەو بایە لەبەرزەوە هاتە بەرچاویان بە چینێ لە تۆزی زەرد• وە یاخود ئەثەری ئەو بایەیان لە زەویدا بە زەرد هاتە پێشچاو • واتە لە باتی باران خۆڵێکی وردی زەردی رژاند بەسەر زەویدا • یاخود لەبەر بێ ئاوی کشتوکاڵەکەیان بە زەرد بینی •• پاش ئەوە دەست ئەکەن بە کوفرکردنو بێشەرمی نیشاندان •

(فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَى ، وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ (٥٢) وَمَا أَنْتَ بِهَادِ الْعُمْيِ عَنْ ضَلَالَتِهِمْ ، إِنْ تُسْمِعُ إِلَّا مَنْ يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا ، فَهُمْ مُسْلِمُونَ) (٥٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست حاڵی ئوممەتی پێش زەمانی تۆ ئەوە بوو بۆمان باسکردیتو،ئادەمیزاد هەروا لەسەر ئەو حاڵە ئەڕۆنو ، کەمیان روو ئەکەنە خوداو قسەی رەهبەر ئەبیسن • وە غەیری ئەوان وەکو مردووی بێ گیانو،کەڕی بێ گوێو ، کوێری بێ چاو وەهانەو تۆ خۆت لە گیانی خۆتا بە بێ هێزی تەواناى خودا ناتوانی وتار بگەیەنی بە گوێچکەی مردوەکاناو، ناتوانی دەنگی کەلامی خۆت بگەیەنی بە گوێی کەڕەکان ، بە تایبەتی کاتێ

پشت لە تۆ هەڵبکەن‌و لێت دوور بکەونەوە • هەروەها تۆ ناتوانی رێگـە نیشانی کوێرەکان بدەی هەتا لە گومڕایی دەریان‌بکەی • وە ناتوانی شت بە کەس ببیسی ئەوانە نەبێ کە ئیمان بە ئایەتەکانی ئێمـــە دێنن‌و ، ئەوانـە موسوڵمانن •

بە کورتی ئەوانە کە لارو بەدبەختن خودا لێیان تۆڕەیەو نایەوێ هێزی خۆی بخاتە پاڵ ئیرشادەکەی تۆ هەتا ئەوان سوود وەربگرن • وە تۆ خۆت ناتوانی هیدایەتیان بدەی مادام تەئثیری ئیرادەو تەوانایی خودات لەگەڵا نەبێ • کە وایە بە حاڵی ئەو کافرانە دڵتەنگ‌و زویر مەبە •

پوختەی ئەم باسە ئەمەیە قسەبردن بە گوێی مردوو ئینسانی کەڕاو • شارەزاکردنی گومڕا ••• هەموو لەسەر پێچەوانەی یاسان ، واتە (خـــرق العادە)ن‌و ئەمەیش پێویستی بە یارمەتی هێزی خـــالیقی تەواناى (واجب الوجود)ە • ئەگەر ئەو هێزە یار بێ هەموو ئاسانن ، وە ئەگەر یار نەبێ هیچیان جێ‌بەجێ نابن •

(اللهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ ، ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْـــدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ، ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفـــاً وشَيْبَةً ، يَخْلُقُ مَا يَشاءُ ، وهُوَ العَلِيمُ القَدِيرُ) (٥٤)

پاش ئەوە کە خودای تەعالا نیشانە گەورەکانی خۆی‌و ، ئـــەوزاعی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و ، ئەحواڵی گەلە پێشووەکانی بۆ حەزرەت گێڕایەوە •• هات ئەحواڵی ئادەمیزاد خۆی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوە بیکا بە بەڵگە لەسەر هێزو تەوانایی زاتی خودای تەعالاو فەرمووی : خودای تەعالا خودایەکی وایە کە ئێوەی دروست‌کردوە ، ئەی ئادەمیزاد ، لە ئەساسێکی لاوازی بێ

جمۆ جووڵەوە کە تۆزێك تۆوی باوكو دایکە ، لە پاشان دروستی کردوە بۆ ئێوە دوای بێ هێزی هێزو ؛ توانای مێشكو رەگو ئێسقانو گۆشتو خوێنو بەشەکانی تری لەشی داوە بە ئێوەو . چەن هێزی نەفسی پێدان کە بوون بە بناغە بۆ تەکانو هاتوچۆو زانستو پیشەو داگرتنی دڵخوازی خۆتان بە قەی تەوانا • لە پاش ئەم هێزە دووبارە لاوازو پیرو بێهێزو سستی کردنەوەو بەشەکانی لەشتانی ناتەوان کردەوەو ، خودا چی بوێ ئەیکاو زانایە بە هەموو شتێو تەوانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە •

(وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُقْسِمُ الْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ ! كَذَلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ (٥٥) وَقَالَ الَّذِينَ : أُوتُوا الْعِلْمَ وَالإِيمَانَ : لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللهِ إِلَى يَوْمِ الْبَعْثِ ، فَهَذَا يَوْمُ الْبَعْثِ . وَلَكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لاتَعْلَمُونَ (٥٦) فَيَوْمَئِذٍ لا يَنْفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ وَلاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ)(٥٧)

ئەوە وەزعی ژیانی دنیاتان بو لە سەرەتای لاوازییەوە بۆ هێزو لە هێزەوە جارێ تر بۆ پیریو لاوازیو ناتەوانی ، بەم خۆشیو ناخۆشییانە ئینسان ماوەی ژیانی خۆی تەواو ئەکات • وە لە رۆژێکیشدا کە قیامەت دێت ئەم جیهانە دوایی دێ ئەوەندە شتی نائاساییو سەرسوڕهێنەر هەیە تاوانبارەکان سوێند ئەخۆنو ئەڵێن : لە دنیادا سەعاتێ زیاتر نەماوینەتەوە ! دیارە ئەم سوێندە درۆیەو لە دنیایشدا هەروا راستیان نەبوو بە درۆ رایان ئەبواردو شوێن درۆ ئەکەوتن •

جا لەو کاتەدا خاوەن باوەڕو زانستەکان پێیان ئەڵێن : ئێوە بۆچی وا سوێندی درۆ ئەخۆن ؟ ئێوە لە دنیادا ماوەیەکی باشو دوایی عالەمی

بەرزەختان رابوارد ، تا رۆژی زیندووکردنەوەتان بۆ قیامەت ، بەو ئەندازەی خودا بڕیاری داوەو ، بە گوێرەی ئــــەوەی لە عیلمی خوداو لــە (لوح المحفوظ) دا بۆتان دانراوە • وە ئیمڕۆ ئەو رۆژی زیندوبوونەوەیە کـــە وەعدەمان پێداروە ، بەڵام ئێوە لە دنیادا ئەمانەتان نەدەزانیو باوەڕتان پێ نەدەکرد ، دەی ئەمڕۆ ئیتر سوود نادا بەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کردو ، ئینکاری زیندوبوونەوەیان ئەکرد •• بیانوو هێنانەوەیان ، وە ئەوانە بانگ ناکرێن بۆ دڵخۆشکردنو رەزامەندی بەجێهێنان بۆیان ، واتە گوێیان پێ نادرێو لایان لێ ناکرێتەوە •

(وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هذا القُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ ، وَلَئِنْ جِئْتَهُمْ بِآيَةٍ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا : إِنْ أَنْتُمْ إِلاَّ مُبْطِلُونَ (٥٨) كَذلِكَ يَطْبَعُ اللهُ على قُلوبِ الَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ) (٥٩)

بە راستی لەم قورئانە پیرۆزەدا بەیانمان کرد بۆ ئادەمیزاد بۆ رێنومایی‌و ئاگادارکردنەوەیان لە هەموو جۆرە سیفەتێ‌و لە هەموو جۆرە حیکمەتێکی کافی‌و شافی‌و ، لەگەڵ ئەمەیشا ئەگەر تۆ ئایەتێ لـــە ئایەتەکانی قورئان بخوێنیتەوە بەسەر ئەو کافرانەدا ئەڵێن : ئێوە هیــچ نین ئەوە نەبێ کـــە کۆمەڵێکن شتی راست بە پووچ دائەنێن • ئا بەو شێوە خودای تەعالا مۆر ئەنێ بە سەر دڵی ئەوانەدا کە رێگەی حەق‌و راستی نازانن •

(فاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ ، ولاَ يَسْتَخِفَّنَّكَ الَّذِينَ لا يُوقِنُونَ) (٦٠)

جا ئەی پێغەمەری بەرز خۆت بگرە ، بە راستی بەڵێنی خودا بـــە سەرخستن‌و یارمەتیدانی تۆ راستەو ، ئاگادار بە ئەو کافرانە کە باوەڕیان بە راستی نیە بە سووك تەماشات نەکەن‌و بە سووك نەتگرن •

سووره‌تي لوقمان ، له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، ئایه‌ته‌كاني ٢٧و٢٨و٢٩ نه‌بێ ، سی‌وچوار ئایه‌ته دوای سووره‌تي (والصافات) هاتووه‌ته خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(الم (١) تِلْكَ آياتُ الكِتابِ الحَكِيمِ) (٢)

ئایه‌ته‌كانی ئه‌م سووره‌ته ئایه‌تی كتێبێكی پیرۆزی خاوه‌ن حیكمه‌تن•

(هُدىً ورَحْمَةً لِلْمُحْسِنِينَ (٣) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاةَ ويُؤْتُونَ الزَّكاةَ . وهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ (٤) أولائِكَ على هُدَىً مِنْ رَبِّهِمْ ، وأُولائِكَ هُمُ المُفْلِحُونَ) (٥)

ئه‌م كتێبه پیرۆزه هۆی شاره‌زاكردن‌و ده‌رخستنی میهره‌بانی خودایه بۆ ئه‌و كه‌سانه وان له پایه‌ی ئیحساناو موخلیصی باره‌گای خودان . ئه‌و كه‌سانه كه نوێژه‌كانیان به باش به‌جێ‌دێنن ، به ئاداب‌و مه‌رج‌و ئه‌ركانه‌وه‌و بـــه ئه‌ده‌به‌وه له به‌رابه‌ری خودادا •

وه ئه‌وانه كه زه‌كاتی مالی خۆیان ئه‌ده‌ن به‌وانه حه‌قیانه وه‌ری بگرن‌و، باوه‌ڕیان به پاشه‌ڕۆژ هه‌یه • جا ئه‌م جۆره كه‌سانه خاوه‌نی شاره‌زایی حه‌قن‌و ئه‌مانه رزگارن له سزای پاشه‌ڕۆژ •

(ومِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْتَرِي لَهْوَ الحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ ويَتَّخِذَها هُزُواً ، اُولائِكَ لَهُمْ عذَابٌ مُهِينٌ (٦) وإذا تُتْلى عَلَيْهِ آياتُنا ولَّى مُسْتَكْبِراً ، كَأنْ لَمْ يَسْمَعْها ، كَأنَّ فِي اُذُنَيْهِ وَقْراً، فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ اَلِيمٍ)(٧)

ریوایەت کراوە : ئەم ئایەتانە لە شانی نەضری کوڕی حەرثدا هاتوونەتە خوارەوە ، ئەڕۆیشت کتێبی حیکایەتنامەی عەجەمەکانی ئەکڕی ، وەکو باسی رۆستەم و ئەسفەندیارو ، غەیری ئەوانە لە پاڵەوانەکانی ئێران ، ئەیخوێندەوە بەسەر قورەیشاو پێی ئەوتن : ئەگەر محەمەد باسی عادو ثەموودتان بۆ ئەخوێنێتەوە منیش باسی رۆستەم و ئەسفەندیارتان بۆ ئەخوێنمەوە. مەبەسی ئەوەبو کە عەرەبی قورەیش قورئان نەبیسن و موسوڵمان نەبن .

جا خودا ئەفەرموێ : لە ئادەمی مەکەیە کەسێ کە قسەی بەتاڵی ئەکڕی و ئەیخوێندەوە بەسەر خەڵکدا بۆ ئەوە لە رێگەی دین دووریان بخاتەوەو ئایەتەکانی خودا بکا بە گاڵتەجاڕی . بە بێ ئەوەی کە بزانێ ئەوەی ئەو کڕیویەتی شتێکی پووچ و درۆو دەلەسەیەو ، ئینسان لە گەورەیی و تەواوی دوور ئەخاتەوە ، وە بۆ ئەوە کە رێگەی خودا کە ئادابی ئیسلامە بیکا بە جێگەی گەپ و گاڵتە . جا ئەم جۆرە کەسانە لە پاشەڕۆژا سزایەکی سووککەریان هەیە . وە کاتێ ئایاتی ئێمەی بەسەردا ئەخوێنرێتەوە پشت هەڵئەکا بە فیزەوە ، وەك هەر ئەو ئایەتانەی نەبیستبێ و وەك ئەوە هەردوو گوێی قورس بن و کەڕ بێ ئاوا هیچ نابیسێ ، جا موژدە بدە بە وانە بە سزایەکی نابارو ناهەموار .

(إنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتُ النَّعِيمِ (٨) ، خَالِدِينَ فِيها ، وَعْدَ اللهِ حَقّاً وَهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٩)

به راستی ئه‌و كه‌سانه كه ئیمانیان هێناوه به خوداو پێغه‌مه‌ری خوداو كرده‌وه باشه‌كانیان كردوه ئه‌وانه چه‌ن به‌هه‌شتێكیان هه‌یه كه پڕن لـــه نیعمه‌ت له هه‌موو جۆرێ‌و ، له جومله‌ی نیعمه‌ته‌كانه نه‌بڕانه‌وه‌ی نیعمه‌ته‌كان‌و ساف‌بوونیان له مه‌وانیع ، وه‌كو خودا ئه‌فه‌رموێت ده‌وامـــدارن لـه‌و به‌هه‌شتانه‌دا به گوێره‌ی به‌ڵێنی خودا كه به‌ڵێنی داوه ، به راستی خودا به عیزه‌ت‌و هێزه‌و ته‌سه‌ڕوفی ره‌سای هه‌یه‌و خاوه‌ن حیكمه‌ته له كاره‌كانیا •

(خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَـــدٍ . تَرَوْنَهَا ، وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ ، وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ ، وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً ، فَأَنْبَتْنَـــا فِيهَـــا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (١٠) هَذَا خَلْقُ اللهِ ، فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ ، بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) (١١)

ئه‌و خودایه كه به‌ڵێنی داوه به خاوه‌ن ئیمانه‌كان به به‌هه‌شتی جاویدانی نه‌بڕاوه هه‌تا هه‌تایه ، ئه‌وه‌نده ته‌وانایه ئاسمانه‌كانی دروست‌كردوه به بێ ئه‌وه دامه‌زرا بن له سه‌ر كۆڵه‌كه‌یێ كه ئێوه بیان‌بینن •

ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست له ئاسمانه‌كان ئه‌و ئه‌ستێره گه‌ڕۆكانه بێ كه وان لـه عاله‌ما وه‌كو : عه‌طاریدو ، زوهره‌و ، مه‌ڕیخ‌و ، موشته‌ری‌و ، زوحه‌ل‌و •• غه‌یری ئه‌مانه •• مه‌عنای ئه‌وه‌یه كه راوه‌ستاون به بێ كۆڵه‌كه ، ئه‌وه‌یه هه‌ر یه‌كێ له‌وانه له زاتی خۆیا كوره‌یه‌كی خڕی تایبه‌تییه‌و جووڵه‌یه‌كی تایبـــه‌تی هه‌یه‌و ، له‌سه‌ر جازیبه‌ی مه‌ركه‌زی تایبه‌تی خۆیه‌تی‌و ، كه وابو (كوره) په‌یوه‌ندی نیه به هێزی ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌وه نه‌بێ كه دروستی كردوه بـــه خۆی‌و جازیباتیه‌وه • وه ئه‌گه‌ر مه‌به‌س نه‌فسی ماده‌ی ئاسمان بێ به مانای

ئەو پاناوەرە گوشادە کە ماوای هەرچی ئەستێرەی دامەزراوو خولۆکە .. ئەوە خۆی عالەمێکە ئەو پەروەردگارە دروستی کردوە وای دروستکردوە کە شوێنەواری هەموو کائینات بێو مەجموعی ئەوە هەمووی خودا وای دروست کردوە ماوای ئەم مەوجوودانە بێ . وە ئاشکرایە جاذیبە شتێ نیە کە بە چاو ببینرێت .

وە خودا چەن کێوێکی بڵندی لە زەویدا داناوە مەبادا کە هەموو کورەی زەوی لە جارێ لەجارانا لاربێتەوەو هەڵگەڕێتەوە بە هەڵگەڕانەوەیەکی نابارو ببێ بە هۆی وێرانبوونی هەمووی‌و بەربادبوونی گیانلەبەرانی سەری .

جا بازێ ئەڵێن : مانای وایە ئەگەر ئەم کێوە بەرزانە نەبوونایێ کە لەنگەری زەوییان گرتوە لە کاتی بومەلەرزەکانا گەلێ لە زیانی ئیستە زیاتر زیانیان لێئەکەوت‌و ئەم کێوانە لەو کاتانەدا زەوی دائەمرکێننەوەو نایەڵن زیانی زۆر بێ .

وە بازێ ئەڵێن : ئەم کێوانە حیکمەتەکەیان ئەوەیە لە کاتی هەڵسووڕانی زەوی بە دەوری خۆیا سووڕانەوەکە رێك بێ ، نەك لایێ سووكڵو لایێ قورس بێ ، ئەنا ئەو سووڕانەوەیە یاسای خۆی تێك‌ئەدا وەکو خولخولۆکەیێ لایەکی دار بێو لایەکی ئاسن بێ وای لێ دێ .

وە بازێ ئەڵێن : مانای وایە ئەم زەویە لە کاتی خۆیا کە خودا جیای‌کردەوە لە رۆژ مادەیەکی ئاگرین بوو خودا چەن پەردەی بۆ دروست کرد بۆ ونبوونی ئەو ئاگرە تا زیان نەدا بەسەر زەوی . وە یەکەم پەردەی پارێزگاری پەردەیەکە کە ریشەی ئەم کێوانە لەسەر ئەو پەردەتانێ . جا بازێ لە کێوەکان لە ناو زەویدا ونبوون‌و بازێکیان دەرکەوتوون‌و بەرزیش بوونەتەوە بەسەر زەویدا ، بە ئەندازەی هەزار پێو کەمترو زیاتر ، تا

حەوتهەزار پێ‌و زیاتریش • جا ئەم کێوانە بەرگرو بەرهەڵستی ئـــەوە ئەکەن کە بڵێسەو جۆشی ئەو ئاگرە بێتە دەرەوەو دنیـــا هـــەمووی هەڵگەڕێنێتەوە •

وە خودا بڵاوی کردوەتەوە بەسەر زەویداو لە دەریادا ، کە ئەویش وەکو بەشێکە لە کورەی زەوی ، لە هەموو جۆرە گیانلەبەرێ ؛ لە دەریایی‌و، لە وشکانی‌و ، باڵدارو ، بێ باڵ‌و ، لەوانە کە بە سکەخشە ئەڕۆن‌و ، لەوانە لەسەر دوو پێ ئەڕۆن ، وەکو ئادەمیزادو پەلەوەر ، یا چوار پێ ، یا زیاتر ، یا کەمتر ، وە لەوانە کە دڕندەن ، یا زەنندەن ، یا کێوین ، یا ماڵین‌و هۆگری ئادەمیزادن ••• هەموو ئەمانە لەسەر حیکمەت‌و یاسایەکە کە خودا خۆی ئەیزانێ‌و زانایان سوودی هەندێکیان دۆزیوەتەوە •

وە لە ئاسمانەوە ئاومان باراندوەتە خوارەوەو لە زەویدا بـــەو ئاوە هەموو جۆرە گژو گیاو دارێکمان رواندوە نێرو مێ ، کە بە تێکەڵی لـــە یەك بەری باش ئەدەن بە ئادەمی‌و لەو دارانە داری بەرداری چەن وێنـــە هەیەو لە گیاکانا گیای خواردەمەنی چەن جۆر هەیە چ بۆ ئادەمی‌و چ بۆ باقی گیانلەبەران‌و ، لە گیاکانا گەلێ گیای گوڵداری وەها هەیە کە چاو لە سەیری شێوەیان تێر نابێ‌و ، دەماخ لە بێنی خۆشیان ماندوو نابێ •

شـــەقایق ئەڕوێن لـــە کۆســـالانا
نـــاز ئەکـــەن بەســـەر سوخمەئالانا
چنوورو شەوبۆ بـــە جیلوەی جەمال
پیر ئەکـــەن یەخەو بەرۆکی شەماڵ
ئەڕوا ئـــەو بێنـــە ئەبـــا بۆ یـــاران
دار ئـــەدا بەســـەر عوطووری شاران

وەنەوشەی پەڵدێز ، پڕ شەرمو حەیا
نـاز ئەخاتـە سـەر گوڵاڵەی چیا
ڕێحان بە سـورمەی ڕەشی قەترانی
شەستپەڕ بە زەردی ڕووی زەعفەرانی
گوڵباخی باخان سـەرپەڕەی حەریر
شـایاو بۆ ئاڵای تەختگای ئەمیر
ئەرخەوانی جوان لە ڕووی سەیوانا
نەسرین ئەڕێژن بەسـەر لاوانا
یەکیەک ئەمانـە پەڕەی دەفتەرن
ستایشخوێنی خودای ئەکبەرن
نـازک نازاران مەشرەب (نیظامی)
ئەفـاسن وردی کـەلامی (نامی)

* * *

جا ئەمانە کە باسمان کردن دروستکراوی خودا بوونو ، کەس دەعوای دروستکردنی ئەوانە ناکا ، دە نیشانم بدەن ئەو هاوبەشانە کافرەکان بڕیاریان ئەدەن ، چییان دروست کردوەو ، چییان لێ ئەوەشـێتەوە ؟ نەخـەیر ستەمکارەکان وان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا •

(وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ : أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ ، وَمَنْ يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ ، وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ) (١٢)

زاناکان دەربارەی لوقمانو ، کاتی لەدایکبوونیو ، ڕشـتەی نەسەبی گەلێ قسەیان کردوە : بازێ وتوویانە یۆنانی بوە . بازێ ئەڵێن : سوودانی بوە • بازێ وتوویانە : میصری بوە • هەندێ وتوویانە : لە بەنی ئیسرائیل

بوە ••• بە هەرحاڵ ئەوەی کە بەڵگەی راست گەیاندبێتی ئەمەیە لە بەنی ئیسرائیل بوەو چەرخیشی چەرخی پێغەمەرێتی حەزرەتی داود ـ د ـ بوە •

وە گەلێ کتێبو نامیلکە دەربارەی حیکمەتی وتارو کرداری حەزرەتی لوقمان نووسراوە • لە حیکمەتەکانی حەزرەتی لوقمانە ئەم باسانە کە لەم چەن ئایەتەدا بەیان کراون •

خودا فەرموویەتی : ئێمە حیکمەتمان دا بە لوقمانو ئیلهاممان کردە دڵیەوە : کە سوپاسی نیعمەتەکانی خودا بکەو ، هەرکەسێ سوپاسی نیعمەت بکا ئەوە سوپاسەکەی بە قازانج ئەگەڕێتەوە بۆ خۆی ، لە لایەکەوە پاداشی بۆ ئەنووسرێ لەسەر ئەو سوپاسەو ، لە لایەکیشەوە لەسەر هەر نیعمەتێ سوپاسی بکا خودا نیعمەتی بۆ زیاد ئەکا • وە هەر کەسێ کوفری نیعمەت بکا یا کوفری خودا بکا ئەوە زیان لە خۆی ئەدا نەك لە خودا ؛ چونکی خودا بێ نیازە بە خەڵكو ، شایاوە بەوە سوپاسی بکرێو ، ئەگەر یەکێ سوپاسی نەکا یەکێکی تر ئەیکاو ئەگەر کەس نەیکا ئەو زیان ناکاو کەمی رووی تێ ناکا •

(حیکمەت) گەلێ مانای هەیەو ، مانای رەسای بریتییە لە هەستان بە پێویستی زانیاریو کردەوەکاری • واتە هەرکەسێ هەرچی پێویست بێ ئەوە بزانێو ، هەرچی بەشەرع جوان بێ بیکا ئەوە ئەو کەسە (حەکیم)ە •

(وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ : يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ ، إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ) (١٣)

باسی ئەوە بکە لوقمان کاتێ ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکرد پێی فەرموو: ئەی رۆڵەی خۆشەویستم هاوڕێ بۆ خودا بڕیار مەدە ، بە راستی

هاوبەش بۆخودا بڕیاردان ستەمێکی گەورەو ناهەموارە ؛ چونکە ئەبێ بە (تسویه) لە نێوان کەسێکدا کە خۆی دروستکراوەو ، هیچ شتێکی پێ ناکرێ و لە نێوان خودایەکی (واجب الوجود)ی وادا کە هەموو کائیناتی دروست کردوە •

(وَوَصَّيْنَا الإنسانَ بِوَالِدَيْهِ ، حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْناً عَلى وَهْنٍ ، وفِصالُهُ فِي عامَيْنِ : أَنِ اشْكُرْ لِي ولِوالِدَيْكَ إليَّ المَصِيرُ (١٤) وإنْ جاهَدَاكَ عَلى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ ، فَلا تُطِعْهُما ، وصاحِبْهُما فِي الدُّنْيا مَعْرُوفاً ، واتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنابَ إليَّ ، ثُمَّ إلَيَّ مَرْجِعُكُمْ ، فَأُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (١٥)

ئەم دوو ئایەتە لە لایەنی خودای تەعالاوە وان لە بەینی ئایەتی ئامۆژگاری لوقمان بۆ کوڕەکەیا وەکو جوملەی موعتەرەضە لە ناو بەینی کەلاما • وە بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە ئەم دوو ئایەتەیش هەر لە جوملەی وەعظەکەی لوقمانەو ، تەئویلی سیاقیان ئەکا •

واتە : وە ئامۆژگاری ئینسانمان کردوە بە خزمەتکردنی باوك و دایکی و، بە تایبەتی دایکی کە رۆڵەکەی هەڵئەگرێ بە لاوازی لە دوای لاوازی ؛ چونکی هەتا منداڵەکە لە سکیا بچووك بێ دایکەکەی ئێشی کەمتر پێ ئەگا، وە هەتا گەورە ببێ رۆژ بە رۆژ ئەو دایکە لاوازتر ئەبێ و ئازاری لە هەڵگرتنیا زۆرترە ، وە ماوەی لە شیربڕینەوەی بە رەسایی لە دوو ساڵدا تەواو ئەبێ •

وە لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ لاژووړووی ماوەی شیردان بە منداڵ دوو ساڵەو ، هەر شیردانێ لە ژوور ئەو ماوەوە بێ ئەوە تەئسیری لە حەرامکردنی خوشك و برایەتیی شیریدا نابێ •

جا کە خودای تەعالا لە پاش ئەوە ئەفەرموێت : (ان اشـــکر لی ولوالدیك) مەعنای لەسەر ئەوەیە ببێ بە بەدەڵ بۆ (بوالدیه) بە یاسـای (بدل الاشتمال) • واتە ئەو ئامۆژگاریە بە حاڵی باوكو دایكی لەسـەر ئەمەیە کە سوپاسی منو سوپاسی ئەوان بکا ؛ چونکی ئامۆژگاری بۆ چاودێری باوكو دایك مەعنای ڕێزلێگرتنیانە لە بەر ئەمری خوداوە لەمەوە دەرئەکەوێ ئەو ڕۆڵە ئەبێ سوپاسی خودا بکا کە دروســتی کردوەو ، سوپاسی باوكو دایکی بکا لەسەر ئەوە تەربیەتیان کردوە بـە هەڵگرتنی ئایینی حەقو دینی خودا • وە بەڵگەیشی هێناوەتەوە بۆ شوکری خودا بـە جوملەی (الی المصیر) • واتە مادام کە ئەنجامتان گەڕانەوەیە بۆ لای من پێویستە وەکو سوپاسی باوكو دایکتان ئەکەن سوپاسی منیش بکەن •

وە ئەگەر باوكو دایکت کۆششیان لەگەڵا کردی لەسەر ئەوە کـە شەریکم بۆ بڕیار بدەیو تۆیش ئەزانی کە ئەم داوا ڕاست نیـە ؛ چونکی کەسێ لە جیهانا نیە شیاوی هاوڕێتی من بێ • ئەوە تۆ هەرگیز ئیطاعەیان مەکە ؛ چونکی پەیڕەوی مەخلووق دروست نیە لە کارێکا کە عیصیـــانی خالیق بێ • بەڵام لەم حاڵەیشا هەر لە دنیادا بە پیاوەتی هاوڕێتیان بکەو ، لە دینا بکەوەرە شوێنی کەسێ کە گەڕاوەتەوە بۆ لای من ؛ لە پاشان کە مردنو عالەمی بەرزەخ تەواو بوو هەر بۆ لای من ئەگەڕێنەوە ، جـــا هەواڵتان ئەدەمێ بە پاداشی ئەو کردەوەیە کردووتانەو ، هەمووی لای من دیارە •

وە زاناکان فەرموویانە : دروست نیە ئەولاد لە هیچ گوناهێکا بـــە گوێی باوكو دایکیان بکەن ، گەورە یا بچووك ، وە لەم شوێنەدا کە تەنھا ناوی ئیشراکی بردوە لەبەر ئەوەیە ئیشراك تاوانێکی زۆر گەورەیە •

(يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ ، أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ ، أَوْ فِي الأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللهُ ،

إنَّ اللهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (١٦) يا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلاةَ وَأْمُرْ بِالمَعْرُوفِ وانْهَ عَنِ المُنكَرِ ، واصْبِرْ على ما أصابَكَ ، إنَّ ذلِكَ مِنْ عَزْمِ الأمورِ (١٧) ولا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ ، ولا تَمْشِ فِي الأرْضِ مَرَحاً ، إنَّ اللهَ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتالٍ فَخُورٍ (١٨) واقْصِدْ فِي مَشْيِكَ ، واغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ ، إنَّ أنْكَرَ الأصْواتِ لَصَوْتُ الحَمِيرِ) (١٩)

ئەی کوڕی خۆشەویستم بێگومان بزانە ئەگەر کردەوەیەکی چاك ، یا کردەوەیەکی خراپ بە قەی سەنگی دانەی خەردارەیێ بێو ، ئەو دانـــە خەردارە لە ناو بەردێکدا بێ ، یا لە ئاسمانا بێ ، یا لە زەویدا خودای تەعالا ئامادەی ئەکاو موحاسەبەی لەسەر ئەکا ، بە راستی خودا (لطيف)ە هیچ شتێ رێگەی ئیدراکو زانینی ناگرێ ، (خبير)ەو ئاگادارە لە زۆرو کەم •

ئەی کوڕی خۆشەویستم نوێژەکەت بە باشی بەجێ بێنەو چاودێری ئادابو ئەرکانو کاتو شوێنی بکەو ، هەر چاکەیێ پێش چاوت کەوتو ئاگاداری بوویت فەرمان بدە بە کردنیو هەر کارو کردەوەیەکی نارەوای ناپەسەند بو ئاگادار بووی لە سەری نەهی لێ بکەو بە قەی تەوانا مەنعی بکە ، خوا ئەم مەعرووفو مونکەرە بین ، یا لەسەروەختی بوونابن ، وەکوو ئەوە یەکێ ئەیەوێ مزگەوتێ دروست بکاو یەکێکیش ئەیەوێ مەنعی بکا ، تۆ فەرمان بدە بە یەکەم خەریکی کردنی بێو ، بلێ بە یارۆی دوەم : واز بێنە لە بەرهەڵستی ئەو خێرە ؛ چونکی هیچ یاسایێ بە بێ ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە دەوام ناکا •

وە ئەگەر لە یەکێکەوە گیرۆدەی ئازارێ بووی خواە لەسەر ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە بێ ، یا لە بەر هۆیەکی تری ئاسمانی یا عەرزی بێ خۆت

بگرەو بە هۆی بیرو باوەڕی ناشیرین‌و کردەوەی ناپەسەندەوە دەست مەکە بە ئاشووب‌نانەوە •

واتە لە سەیارەدا بوویی‌و گیرۆدە بووی بە شکاندنی دەست یا پێت ، هەوڵ بدە بە هەر جۆرێ بۆت ئەکرێ ئەو شکاوە ببرێتەوە جێگەی خۆی• وە ئەگەر پاش هەوڵدان ئوستادێکی باشت دەست نەکەوت‌و دەستەکەت بە لاری گیرایەوە خۆت بگرەو بە قەزای خودا رازی بە ؛ چونکی صەبرکردن لەسەر رووداوی ناهەموار لەو کارانەیە کە خودا پێی خۆشەو بڕیاری لەسەر داوە •

وە هەرگیز لەبەر فیزو دەمار رووی خۆت لە ئادەمیزاد هەڵمەچەرخێنە؛ خزم بێ یا بێگانە ، دۆست یا دۆژمن ، وە بە گوێرەی کات‌و شوێن رووخۆشی‌و ناسکی‌و نەرمی لەگەڵدا بەجێ بێنەو ، هەرگیز بە لەنجەی بایی‌بوونەوە بە سەر زەویدا مەڕۆ ؛ چونکی بێ‌گومان خودا ئینسانی بەفیزی خۆش ناوێ . وە ئەگەر بۆ ئیش‌و کاری خۆت رێگەت بڕی ، بە میانە بڕۆ بە رێدا ، نە ئەوەندە پەلە بکە کە جوانی روخسارت بڕواو ، نە ئەوەنەیش سست بڕۆ کە وەکو ناساغ‌و دوودڵ دەرکەوی • وە لە کاتی وتاری ئێرەتیدا دەنگی خۆت نزم بکەرەوەو زیاد لە ئەندازەی پێویستی هاودەمەکەت دەنگ هەڵمەبڕە ؛ چونکی بێگومان ناخۆشترین دەنگ دەنگی زەڕەی گوێدرێژەو زۆربەی ناسازییەکەی لەبەر هێزی ئاوازەکەیەتی •

(اَلَمْ تَرَوْا اَنَّ اللهَ سَخَّرَ لَكُمْ ما فِي السَّماوَاتِ وما فِي الاَرْضِ ، واَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وبَاطِنَةً ؟ ومِنَ النَّاسِ مَنْ يُجادِلُ فِي اللهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ ولا هُدىً ولا كِتَابٍ مُنِيرٍ (٢٠) وإِذَا قِيلَ لَهُمْ : اتَّبِعُوا ما اَنْزَلَ اللهُ ، قالُوا : بَلْ

نَتَّبِعُ ما وَجَدْنَا عَلَيْهِ آباءَنَا، أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلى عَذَابِ السَّعِيرِ ؟) (٢١)

ئایا ئێوه بە عەقڵی خۆتان نازانن کە خودای تەعالا بۆ ئێوەی رامکردوە ئەوەی وا لە ئاسمانەکاناو ئەوەی وا لە زەویدا :

رۆژو ئەستێرە بە نوورو پڕتەو
بە هەڵسووڕانیان بە تەکانو دەو
کاری وا ئەکەن سوودن لە بۆتان
بۆ رزقو رۆزیو ژیواری خۆتان

وە ئەو کانانە وان لە زەویدا هەمووی ئامادەن لە بۆ ئادەمی ژیری زانیار دەریان بکا ، وە ئاوی رووبارەکان بکەن بە حەوزو روویان بکەن لە زەویو زار بۆ کشتوکاڵو بۆ باخو بێستانو بۆ هەڵسووڕاندنی مەکینەی کارەبای گەورە ، بەڵام ئەمە خودا فەرموویەتی لەسەر بناغەی نەزانینو نەتوانینی (زەردالوو بیا گەلوو) نیە ؛ چونکی هەر زانای تەوانا شیاوی گەورەیی سەرۆکییە لە زەویو ئاسمانا •

وە ئایا تەماشا ناکەن خودا نیعمەتەکانی خۆی تەواو کردوەو رژاندوونی بەسەرتانا ، چی نیعمەتی دیاری وەکو : ساغی لەشو ، زۆری زەویو ئاوو، مەیدانی کارو کاسبیو ، چ نیعمەتی پەنهانی کە بە چاو نابینرێن وەکو : زانیاریو ، عەقڵو ، ئازایەتیو ، غیرەتو ••• باقی ئەو سیفەتانە کە ئەبن بە هۆی بەختیاری ئادەمیزاد ؟

وە لە ئادەمیزادە نەفامی نەزاندووی وا کە موجادەلە ئەکا لە تەوحیدی خودادا بە بێ زانیارێیکی شەخسیو ، بە بێ هیدایەتوەرگرتن لە ئینسانێکی ئاگادارو ، بە بێ کتێبێکی ئاسمانی دڵرووناککەرەوە • جا ئینسانێ خۆی

زانا نەبێو کاتێ لە لایەنی رەهبەرەوە پێی بوترێ : وەرە شوێن ئەو ئایەتانە بکەوە کە خودا ناردوونی ، ئەڵێن : نەخەیر ئێمە شوێن ئەو بیرو باوەڕە ئەکەوین کە باوکو باپیرمان بوویانەو لەسەری بوون • ئایا هەر شوێن ئەوە ئەکەون هەرچەن بیشزانن کەسێ شوێن ئەوانە بکەوێ شوێنی بانگی شەیتان ئەکەوێ ؟! جا ئەگەر شەیتان بانگیشیان بکا بۆ سزای دۆزەخ هەر بە گوێی ئەکەن ؟ ئەگەر عاقڵ بوونایێ ئەوەندە بێهۆش نەدەبوون •

(وَمَنْ يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللهِ ، وَهُوَ مُحْسِنٌ ، فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالعُرْوَةِ الوُثْقَى ، وَإِلَى اللهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ) (٢٢)

وە هەرکەسێ نەفسی خۆی تەسلیمی خودا بکا ، بەم مەعنا هەموو کارێ بەرەوڕووی خودا بکاتەوەو تەسەڕوفاتی دنیا لەوەوە بزانێو ، بە خەیالاتی رووت دانەکەوێو ، بە قەی تەواناى خۆی بۆ بەدەستهێنانی سوودو دوورخستنەوەی زیان کار بکا •• ئەوە بە راستی دەستی بە دەستبەندێکی قایمەوە گرتوە هەتا وا لە جیهاناو لە حاڵی ژیاناو ، ئەنجامی هەموو کارێك بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە ، واتە دروستکردنی ئەنجامی سوودمەند لە کارەکانی دنیاداو دوایی‌هێنانی زیندەگانی بە شێوەیەکی شیرینو وەرگرتنی پاداشی باش لە پاشەڕۆژا بەسراوە بە رەحمەتی خوداوە (فمن یرحم یرحم) •

(وَمَنْ كَفَرَ فَلا يَحْزُنْكَ كُفْرُهُ ، إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ، فَنُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا ، إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٢٣) نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلاً ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَى عَذَابٍ غَلِيظٍ) (٢٤)

وە هەرکەسێکیش کافر بێ بە یاسای دین با کوفرەکەی ئەو دڵی تۆ زویر نەکا ، ئەوانە بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە ، جا حسابیان لەگـــەڵ ئەکەین‌و کردەوەیان ئەکێشین‌و دوایی ئاگاداریان ئەکەینەوە لە کردەوەو تۆڵـــەی کردەوەکەیان ؛ چونکی خودا هیچی لێ ون‌نابێ‌و زانایە بەو وردە خەیاڵاتە کە بە دڵا رابووڕێن یا تیایا ئەمێننەوە •

(وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ : مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ ؟ لَيَقُولُنَّ:اللهُ•قُلِ : الْحَمْدُ للهِ ،بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ (٢٥) للهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ، إِنَّ اللهَ هُوَ الغَنِيُّ الحَمِيدُ) (٢٦)

لەگەڵ ئەم کوفرو سەرسەختی‌و هاوڕێ‌بۆخودادانانەدا ئەگەر تۆ لێیان بپرسی : کێ ئاسمانەکان‌و زەوی دروست کردوە ؟ لە وەڵامدا ئەڵێن : خودا پەروەردگاریانەو دروستی کردوون • جا تۆ بفەرموو : سوپاس بۆ خودا کە سەرکەوتین بەسەر ئەوەدا ئیقراریان پێ بکەین بەم راســـتیە • بەڵکو زۆربەیان ئەمەیش نازانن کە خودا ناچاری کردوون بەم ئیقرارە • جا بۆ تەئکیدو چەسپاندن : ئەڵێم : بۆ خودای تەعالایە بە ئیجادو تەربیەو زیادو کەم هەرچی وا لە ئاسمانەکان‌و زەویدا ، بێگومان خودا بێ‌نیازە لـــە عالەم‌و سوپاسی ئەکرێ لەسەر هەموو کارەکانی •

(وَلَوْ أَنَّ ما فِي الأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلامٌ ، وَالبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ ، ما نَفِدَتْ كَلِماتُ اللهِ ، إِنَّ اللهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٢٧)

واتە ئەگەر هەرچی دار هەیە لەسەر زەویدا هەمووی خامەی نووسین بێ‌و ، ئاوی دەریایش ئەو دەریایە کە دەورەی زەوی داوە هەمووی مەرەکەبی

نووسین بێو ، لە پاش ئەو دەریایشە حەوت دەریای تری وەکو ئەو ببێو هەمووی سەرف بکرێ بۆ نووسینی زانیاری خودای تەعالا ئەو زانیارییانە تەواو نابن‌و هەموویان نانووسرێن • بە راستی خودا عیززەتی بە جۆرێکە هیچ شتێ پەکی ناخاو پەستی ناکاو ، خاوەن حیکمەتە لە تەسەڕوفکردنیا لە جیهانا •

(ما خَلْقُكُمْ وَلاَ بَعْثُكُمْ إِلاَّ كَنَفْسٍ واحِدَةٍ . إِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) (٢٨)

دروستکردنی هەمووتان بە جارێ‌و مراندنتان‌و زیندوکردنەوەتان بە جارێ وەکو ئەم تەسەڕوفانەیە لە تاقەکەسێکدا ؛ چونکی کاتێ خواستی لەسەر شتێ بو هیچ شتێ ناتوانێ بەرگری بکا . بە راستی خودای تەعالا بیسەرو بینایەو هەموو دەنگێ ئەبیێو هەموو رەنگێ ئەبینێ •

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهارِ ويُولِجُ النَّهارَ فِي اللَّيْلِ ، وسَخَّرَ الشَّمْسَ والقَمَرَ . كُلٌّ يَجْرِي إِلى اَجَلٍ مُسَمّىً ، واَنَّ اللهَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ؟ (٢٩) ذلِكَ بِاَنَّ اللهَ هُوَ الحَقُّ ، واَنَّ ما يَدْعُونَ مِنْ دونِهِ البَاطِلُ ، واَنَّ اللهَ هُوَ العَلِيُّ الكَبِيرُ) (٣٠)

ئایا تۆ نابینی یا نازانی کە خودای تەعالا لە کاتەکانی شەو ئەخاتە سەر رۆژو لە کاتەکانی رۆژ ئەخاتە سەر شەوو رۆژو مانگی رام کردوە ، هەرکام لەوان رێگەی خۆی ئەبڕێ هەتا وادەی دیاریکراوی تەواوبوونی دنیا دێتە جێ ، وە نازانی کە خودا زاناو ئاگادارە بەو شتانە کە ئێوە ئەیانکەن ؟

ئەمە هەموو لەسەر ئەو ئەساسەیە کە هەر خودا حەقەو دامەزراوەو لانەچووەو ئەوەی ئەو کافرانە بانگیان لێ ئەکەن هیچ و پووچن و ، بە راستی خودا بەرزە بەسەر هەموو مومکینێکداو گەورەیە لە عالەمی وجووداو . هەرچی هەیە لە جیهانا وان لە ژێر تەوانایی ئەودا .

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِنِعْمَةِ اللهِ لِيُرِيَكُمْ مِنْ آيَاتِهِ ؟ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (٣١) وَإِذَا غَشِيَهُمْ مَوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ، فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ ، فَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ ، وَمَا يَجْحَدُ بِآيَاتِنَا إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ) (٣٢)

ئایا تەماشا ناکەی کە کەشتی لە دەریادا رەوان ئەبێ بە هۆی ئینعام و ئیحسانی خوداوە لەگەڵتانا کە ئەسباب و کەرەسەی ئەوتانە بۆ ئامادە ئەکاو ، دەریانان بۆ رام ئەکا هەتا بازێ لە نیشانەی گەورەیی و دەستەڵاتی خۆیتان نیشان بدا ؟ بە راستی لەم کەشتی ڕانیەدا نیشانە لەسەر تەوانایی خودا هەیە بۆ هەموو کەسێ .

وە کاتێ کە لە دەریادان شەپۆلێکی گەورەی وا دێ بە سەریانا وەکو باڵەخانەیێ سێبەر بخاتە سەریان .. بانگ ئەکەن لە خوداو بە نزاو لاڵەو پاڕانەوەوە دین و ئیمانیان پاک ئەکەنەوە لە هەموو دەخیلەیێ و ، هاوار ئەکەن، هەتا خودا رزگاریان ئەکا ، جا کاتێ رزگاری کردن لەو شەپۆلە ترسناکانەی لە دەریا چوونە دەرەوەو گەیشتنە وشکانی .. ئەوسا بازێکیان لەسەر حاڵەتی میانەی ڕێك ماونەتەوەو هەروا لەسەر ئەو باوەڕەی ناو دەریاکەن ، ئەو دوایان ئەچنەوە سەر بارە ناهەموارەکەی خۆیان کە هاوبەش دانانە بۆ

خوداو ئینکاری ته‌نیایی خودایه ، وه له راستیدا ئینکاری ئایاتی ئێمه ناکا ئه‌وانه نه‌بێ که زۆر سته‌مکارو ناسوپاس‌و پووچن •

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ ، وَاخْشَوْا يَوْمًا لَا يَجْزِي وَالِدٌ عَنْ وَلَدِهِ . وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَنْ وَالِدِهِ شَيْئًا ، إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ . فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ، وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ) (٣٣)

ئه‌ی ئاده‌میزاد خۆتان بپارێزن له سزای خودا به ئیمانهێنان به خوداو به ره‌هبه‌رو به ته‌رکی تاوانه‌کان‌و.به به‌جێهێنانی پێویستیه‌کانی سه‌رشانتان‌و. بترسن له کاره‌ساتی رۆژێ که له‌و رۆژه‌دا هیچ باوك‌و دایکێ گوێ بـــه منداڵی خۆی ناداو هیچ شتێکی بۆ ناداته‌وه‌و ، هیچ تاوان‌و زیانێکی لێ لا ناباو ، هیچ رۆڵه‌یێ شتێ بۆ باوك‌و دایکی ناکاو هیچیان نه باتی ناداته‌وه‌و شتێکیان لێ لا نابا ، بزانن که به‌ڵێنی خودا به پاداش بۆ چاك‌و پاکان‌و ، بـه تۆڵه بۆ ناپاکان راسته • ده‌ی با ئه‌م ژیانی دنیایه ئێوه بایی نه‌کا . ماوه‌یه‌که. که‌م بێ یا زۆر ، ته‌واو ئه‌بێ . وه با پیتان نه‌کا به هه‌وا شـــه‌یتانی عاله‌م بایی‌که‌ر ، پێتان بڵێ : خودا تاوان‌به‌خشه ده‌ی بۆ خۆتان رابوێرن هـــه‌تا ئه‌تان‌خاته ناو بیرێکی تاریکی وه‌هاوه که به چه‌ن بیری رووناك نه‌ێنه ده‌ره‌وه•

ئینسان مادام له سه‌رده‌می منداڵی‌و خۆشحاڵییه‌وه بیرو باوه‌ڕی راست‌و ئادابی دینی خۆی وه‌کو نوێژو رۆژوو واجباته‌کانی تر فێر ببێ‌و ، هاوڕێتی چاکان بکات ئه‌و بیرو باوه‌ڕه له دڵدا جێی خۆی ئه‌گرێ‌و هه‌رگیز لاناچێ‌و رۆژ به رۆژ ته‌قواو تاعه‌ت زیاد ئه‌کا • وه ئه‌گه‌ر ببێ به هـــاوڕێی نه‌زان‌و نه‌فام‌و به‌دکارو به‌دبیر ئه‌بێ به هاوڕێی شه‌یتان‌و شه‌یتان بایی ئه‌کاو یا هه‌ر به ته‌واوی له دین ده‌رئه‌چێ ، وه یا ئه‌گه‌ر ئیسانه‌که‌ی بمێنێ ئیمانێکی ئه‌وه‌نده لاواز ئه‌بێ سوودی کرده‌وه‌ی باش وه‌رناگرێ •

(إِنَّ اللهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ ، وَيُنَزِّلُ الغَيْثَ ، وَيَعْلَمُ مَا فِي الأَرْحامِ ، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً ، وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ، إِنَّ اللهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (٣٤)

ریوایەتکراوە : حەرثی کوڕی عەمر هات بۆ لای حەزرەت ــ د ــ وتی: کەی دوایی دنیا دێت؟وە من تۆوم وەشاندوە کەی باران ئەبارێو ؟ ژنەکەم ئاوسە منداڵەکەی نێرە یا مێیەو ؟ سبەینێ من چی ئەکەمو ؟ لە کوێدا ئەمرم؟ جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

وە ریوایەت کراوە لە ئیبن‌و عومەرەوە کە حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی. (مفتاح الغيب خمس)و ئەم ئایەتەی بە شوێندا خوێندەوە •

واتە : بە راستی خودای تەعالا ئەزانێ بە زانیارییەکی دامەزراو کەی قیامەت دادێتو ، خودا خۆی باران ئەبارێنێو ، کاتەکەی ئەزانێو ، خودا ئەزانێ بەوەی وا لە منداڵدانی ژنانا کوڕن یا کچنو . هیچ کەسێ نازانێ سبەینێ چی ئەکاو چ ئیشێکی ئەبێو ، کەس نازانێ کەیو لە کوێ ئەمرێ • بە راستی هەر خودا زانایەو خەبەردارە • (باوەڕمان هەیە وەهایە) •

بزانن ! بازە کەسێ بە شێوەی رەخنە ئەڵێن : مودیری (ئەنوای جەوی) ئەزانێ کەی باران ئەبارێو ، دوکتۆری خاوەن کەرەسە ئەزانێ چی وا لە منداڵدانی ژناو ، هەر پیاوێکی موناسب کە کارێکی هەیە ئەزانێ سبەینێ چی ئەکاو ، گەلێ کەس لە ئادەمیزاد جێگە قەبری خۆی دیاری ئەکاو لە پاش مردن لەو شوێنەدا ئەنێژرێ !

وەڵامی ئەم رەخنانە ئەمەیە : مەبەس لە (عیلم) یەقینە کە زانستی جازیمی دامەزراوی رێکی واقیعە ، وەکو چۆن تۆ یەقینت هەیە بە بوونی

خۆت • هەروا عیلم لە عورفی کیتابو سوننەتا بە عیلمێ ئەڵێن کە هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسەدا بێ نەك جارێ بێو جارێ نەبێ •

وەکو مەبەس لە غەیب ئەوەیە کە جیهازی (کشافە) نەبێ کـــە ئەو مەبەستە پەنهانە بخاتە پێش‌چاو ، کە ئەمە زانرا ئەو رەخنانە هەموویان پووچ ئەبنەوە •

یەکەم : مودیری دائیرەی ئەنوائی جەووی خاوەن گومانە نەك خاوەن یەقینو ، گەلێ جار ئەو بەیانە ئەیدەن بە راست دەرناچێ • وە دوکتۆر بـــە جیهازەکەی کەشفی ناوسکی ژن ئەکا ، ئازایە بە بێ جیهاز بزانێ چی وا لە سکیا ! وە کابرای فەرمانبەر هەر بە گومان ئەزانێ سبەینێ چی ئەکا ، ئەنـــا گەلێ جار ناگاتە سبەینێو ئەمرێ • وە ئەو کەسەیش کە ئەزانێ لە کوێـــدا ئەمرێ یا ئەنێژرێ ، ئەوە یەکەم زانستەکەی گومانەو یەقین نیەو ، دووەم ئەگەر یەقین بێ خۆی نازانێو لە لایەنی غەیبەوە ئاگادار کراوەو ، زانـــینو ئاگادارکردن جیاوازییان زۆرە •

کـــە خوا پێی وتی : ئەو شتە وایە
کەی عیلمی غەیبی لە لای تۆدایە ؟
بـــرام بزانـــە ، ئـــەوەی زانیـــــارە
بـــە مەرجی رەفتـــار باش بەختیارە
عیلم زانستە ، ئەوەی تەصـــــدیقە
چوار بەشە ، ئەمەیش لەسەر تەحقیقە :
ظەننە : بـــە مانـــا گومانی ئینســـان
تەقلیدە : یـــانی پەیرەوی کەســـان
(جەهلی مورەککەب) : زانستێ وایە
نە ئەصلی هەیەو ، نەسوود ، نە پایە
بەشی چوارەمین ناوی (یـــەقین)ە

ئینســـان بــە یەقین دڵی ئەمینــە
یەقین بــە شـــتێ کە ئاشــکرایــە
سەهلەو ئاسانە لەم رووی دنیایــە
بەوەی پەنهان بێ پێویســـتە دەلیل
پیاوی بێ دەلیــل دامــاوەو زەلیــل
خوا یارمەتی دا دەلیلت دەس کەوت
لە رێی مەقسوودا ئەڕۆی بە سەرکەوت
ئەڵێی : ئەم دنیا سەر بە ئیمکانــە
بوونو نەبوونی ئەجزای یەکســـانە
هەر شـــتێ وابێ بێ خالیق نابێ
بە رووی حەقیقەت ئەبێ هەر وابێ
ئــەو شـــتە رێگەی دەلیلی نیــە
لـــە مەعلووماتی بەشی (غەیبی)یە
وەکو : موددەتی مانــەوەی جیهــان
وەکو : حاڵیبوون لە سیری پەنهان
وەکو : ئەوزاعی ئەنجــامی عــالــەم
وەکو : بەختو (حظ) بۆ بەنی ئادەم
ئەم غەیبە تەنیــا لــە لای خودایــە
هەر ئەو بەم غەیبە داناو زانــایــە
هەرکەس بە باریێ بێتە سەر گومان
ناڵێن عالمـە بــە غەیبیو پەنهـــان
ظەننە قابیلە راســـت بێ یــا درۆ
دەلیــلێ نیــە بــۆ من یــا بــۆ تــۆ
کابرا بــە جیهاز منــداڵ ئەنــاسێ
بۆچی لەم کارە سەرت ئەماســـێ ؟

هەرکەسێ سـکی دایکی هەڵدڕێ
ئەزانێ کچە یـا شـێرە کوڕێ
ئەگـەر ئەنبیـاو پێغەمـەرەکـان
شـتێکیان زانی لـە دەوری ئیمکان
یـا ئەولیایێ لەسەر صـەفای حاڵ
ئیلهامێکی کرد خودای پـڕ کـەماڵ
کەی ئەم کەسانە (عالم الغیب)ن ؟
کەی دانای سیرِی دەریای بێ رەیبن ؟
خودا بـە ئیحسـان تەعلیمیان ئەکا
چەن سیرِێکی غەیب تەسلیمیان ئەکا
عیـلم ئـەوەیـە زاتیو دائیـم بێ
لەگەڵ خاوەنیـا بە حەق قائیم بێ
کاسەی دراوسێ رۆژێ بۆت نەهات
عەیـاڵ بـە برسی ئەکەون لـە لات
(مفاتیح الغیب) لـە لای خودایـە
هەر ئـەو بـە غەیبی عالەم دانایـە
بەڵێ هـەر دڵێ وێنـەی بلـوورە
بـە نووری عیلمی خـودا پڕ نوورە
چرا هەڵـکرا لـە بـۆ خـاوەن چاو
دانەی جەواهیر مەکشـووفن تەواو
ئیتر وەربگـرە تـەعلیمی (نامی)
خۆت مەهـاوێـرە نـاو ریزی عامی

سووره‌تي سه‌جده ' له سووره‌ته مه‌كه‌ييه‌كانه ، ئايه‌ته‌كانى ١٦ تا ٢٠ نه‌بێ ، ٣٠ ئايه‌ته ، له پاش سووره‌تي (مؤمن) هاتووه‌ته‌خواره‌وه ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(الم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ لا رَيْبَ فِيهِ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٢) أَمْ يَقُولُونَ : افْتَرَاهُ ؟ بَلْ هُوَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ ، لِتُنْذِرَ قَوْماً ما أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ) (٣)

ئه‌م سووره‌ته پیرۆزه بریتییه له كتێبێكی نێرراو له لایه‌نی په‌روه‌ردگاری جیهانه‌وه كه بۆ ئه‌وه ناشێ گومان رووی تێبكا ، له‌بەر ئه‌وه نه له له‌فزه‌كانیا نوقسان هه‌یه‌و نه له مه‌عنایانا شتی نامه‌عقوول‌و نامه‌قبوول هه‌یه لای ئه‌وانه كه خاوه‌نی عه‌قڵ‌و شوعووری ساغن ٠

یاخود ئه‌م سووره‌ته كتێبێكه نێرراوه لـــــه لایه‌نی په‌روه‌ردگاری جیهانه‌وه به بێ گومان ، یانی هیچ گومان نیه له‌وه‌دا كه له لایه‌نی خوداوه هاتووه‌ته خواره‌وه ٠ یا خه‌یر ئه‌و كافره بێ ده‌ماخانه ئه‌ڵێن : محـــــه‌مه‌د هه‌ڵی‌به‌ستوه‌و به پێچه‌وانه‌ی واقیعه‌وه ئه‌ڵێ كه‌لامی خودایه ! جـا دوور بكه‌وه‌ره‌وه له‌م بیره تاریكه‌و بزانه ئه‌م قورئانه كه‌لامێكی حه‌قه‌و له لایه‌نی

خودای تۆوە نێرراوە بۆ ئەوە کە گەلێکی وەهای پێبترسێنی کە لە پێش تۆدا هیچ ترسێنەرێکی تر نەهاتوە بۆ لایان بیانترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت ، بە هیوای ئەوەی کە رێگەی راستو ئیسلامییەت بگرن •

(اللهُ الَّذِي خَلَقَ السَّماوَاتِ والاَرْضَ وما بَيْنَهُما فِي سِتَّةِ اَيَّامٍ ، ثُمَّ اسْتَوى عَلَى العَرْشِ ، ما لَكُمْ مِنْ دونِهِ مِنْ وَلِيٍّ ولاَ شَفِيعٍ ، اَفَلا تَتَذَكَّرُونَ ؟) (٤)

خودای تەعالا خودایەکی وایە کە ئاسمانەکانو زەویو مابەینی زەویو ئاسمانی لە نەبوونەوە دروستکردوەو هێناونیەتە بوون لە ماوەی شەش رۆژا • وە لە پاش ئەمە ئیستیلای کرد بە سەر عەرشدا کە لە ژوور ئاسمانەکانو زەوییەوەیەو ، بێجگە لەو خودایە هیچ تکاکارو یارمەتیدەرێ بۆ ئێوە نیە بۆ کاتی نەهاتی دنیا یا رۆژی قیامەت ، ئایا هێشتا ئێوە بیر ناکەنەوە؟

(يُدَبِّرُ الاَمْرَ مِنَ السَّماءِ إِلى الاَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كانَ مِقْدارُهُ اَلْفَ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ) (٥) •

خودای تەعالا وەکو خەلقی ئاسمانەکانو زەویو مابەینی ئەوانی کردوە هەروا تەدبیری ئەو ئیشانەیش ئەکا کە لەسەر قەزای ئەو پێویستە بکرێن لە ئاسمانەوە هەتا زەوی ، واتە فریشتەی مەئمووری تایبەتی رەوانە ئەکا لەگەڵ ئەو ئیشانەدا لە ئاسمانەوە هەتا زەویو ، هەموویان بەجێ دێنێو ، پاش تەواوکردنی ئیشەکان ئەو فریشتە لە ئاسمانەوە ئەگەرێتەوە بۆ زەویو سەرئەکەوێ تا ئەگاتە ئەو شوێنە کە خودای تەعالا بڕیاری داوە بۆ ئەو فریشتە مەئموورە (مدبر)انە ، وە ئەم سەرکەوتنو دابەزینی فریشتە مەئموورانە لە رۆژێکدایە کە ئەندازەی هەزار ساڵە لەو ساڵانە ئێوە حسێبیان ئەکەنو ئەیانژمێرن •

خۆلاصەی کەلام خودای تەعالا وەکو لەسەر خواستی خۆی کائیناتی دروست کردوەو ، عەرش‌و کورسی‌و لەوح‌و قەلەم‌و ئاسمانەکان‌و زەوی دروست کردوە •• وەهایش لە عیلمی ئەزەلی خۆیا بڕیاری ئیش‌و کاری ئەم کائیناتیە داوە کە ئەوەی بێ گیانە چی بەسەرا دێت‌و ، ئەوەی گیانلەبەری بێ عەقڵە چی ئەکاو ، ئەوەی عاقڵە کردەوەو ئەحواڵی ئیختیـــاری‌و غەیرە ئیختیاری چۆنە ، هەروا گەلێ فریشتەیشی کە بە ناوی (مدبرات) لە قورئانا ناویان براوە ئامادە کردوە بۆ ئەوە لەسەر یاسای بڕیاری خودای تەعالا لەو شوێنەدا کە ئامادەن تیایا دێنەخوارەوە لەگەڵ ئەو کارو بارەدا لە ئاسمانەوە هەتا زەوی‌و ئیشەکان ئەکەن کە جێبەجێیان کرد ســـەرئەکەونەوە بـۆ شوێنی خۆیان • هەموو ئەم داپەڕین‌و ســەرکەوتنە لە ڕۆژێکدایە کە بـە حسێبی ئێمە ئەگەر بە عادەت هاتوچۆی تێدا بکرێ میقداری هەزار ساڵە، واتە نیوەی بۆ نوزوول‌و نیوەی بۆ عورووج • (واللە اعلم) •

(ذَٰلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٦) الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ ، وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنْسَانِ مِنْ طِينٍ (٧) ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ مَاءٍ مَهِينٍ (٨) ثُمَّ سَوَّاهُ . وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ ، وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ ، قَلِيلًا مَا تَشْكُرُونَ) (٩)

ئەو خودایە کە تەدبیری ئەمری عالەم ئەکا خودایەکە زانایە بە هەرچی پەنهانە لە ئێمەو هەرچی دیارییە بۆ ئێمە ، خودایەکی خاوەن عیززەت‌و خاوەن ڕەحمـەتە ، ئـەو خودایە کە هەر شتێکی دروست کردوە باشی دروســت کردوەو ، بەدیهێنانی ئینسانی لە قوڕ دەس‌پێکردو پەیکەری یەکەم ئینسانی دروست کردو ، فەرمانی دا بە فەرمانی (کن فیکون)و لە لایەنی خۆیەوە

گیانی کرا بە بەراو ، پاش ماوەیێ خێزانەکەیشی لە نەفسی خۆی دروست کرد ، جا بوون بە دوو کەسی عادەتی ، ئەمجار رشتەی ئیجاد گۆڕرا وەکو خودا ئەفەرموێت • لە پاش ئەمە نەتەوەی ئادەمیزادی بڕیار دا لە مادەیەکی پەیدابوو لە ئاوی ئینسانەکان کە ئاوێکی سووکو بێ نرخە • پاش ئەوە بە تەواوی ئەجزای ئەو نەسلەی رێکخستو فووی پیاکرد لە ئەصلی رۆحێکەوە کە وا لە قەبزەی قودرەتاو ، گوێو چاوو دڵی بۆ دروستکردن ، کەچی کەمێ جار سوپاسی ئەو خودا خاوەن نیعمەتە ئەکەن •

(وقالُوا : أَإِذا ضَلَلْنا فِي الأَرْضِ أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ ؟! بَلْ هُمْ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ كافِرُونَ (١٠) قُلْ : يَتَوَفَّاكُمْ مَلَكُ المَوْتِ الَّذِي وُكِّلَ بِكُمْ ، ثُمَّ إِلى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ) (١١)

ئەو کافرانە ئەڵێن : ئایا ئێمە کاتێ لە زەویدا ونبووین ، واتە مردینو نێژراین لە گۆڕا ئایا ئێمە دووبارە دروستکردنێکی تازەمان بەسەرا دێت ؟ ئەمانە کافرنو باوەڕیان بە گەیشتن بە خوداو پاشەڕۆژ نیە •

تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرموو : فریشتەی مەئمووری مردن گیانتان ئەکێشێو پاش ئەوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای خودای خۆتان •

(ولَوْ تَرى إِذِ المُجْرِمُونَ ناكِسُوا رُؤُسِهِمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ : رَبَّنا أَبْصَرْنا وسَمِعْنا ، فَارْجِعْنا نَعْمَلْ صالِحاً ، إِنَّا مُوقِنُونَ (١٢) ولَوْ شِئْنا لآتَيْنا كُلَّ نَفْسٍ هُداها ، ولكِنْ حَقَّ القَوْلُ مِنِّي لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الجِنَّةِ والنَّاسِ أَجْمَعِينَ (١٣) فَذُوقُوا بِما نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هذا ، إِنَّا نَسِيناكُمْ ، وذُوقُوا عَذابَ الخُلْدِ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (١٤)

ئەی خاوەن چاو ئەگەر چاوت لێ‌ئەبوو خەڵکی راوەستاوی سارای حسێبت ئەبینی لەو کاتەدا کە تاوانبارەکان لە حوزووری خودای خۆیانا سەریان داخستووەو هاوار ئەکەن‌و ئەڵێن : پەروەردگارا چاومان کەوت بە هەرچی وەعدەت پێدابوو ، بیستمان کە تۆ تەصدیقی پێغەمەرەکانت کرد لەگەیاندنی فەرمانی خودادا ، ئەی پەروەردگاری میهرەبان بمانگێڕەوە بۆ دنیا هەتا کردەوەیەکی باش بکەین ، ئێستە ئێمە باوەڕمان بە راستی ئیسلام هەیە ، جا ئەگەر لەو رۆژەدا ئەوانەت چاو پێ‌بکەوتایێ ئەوە شتێکی زۆر نابارت ئەبینی • پەنا بە خودا !

جا خودای تەعالا بۆ دڵدانەوەی حەزرەت ــ د ــ ئەفەرموێت : ئەگەر ئێمە خواستمان بیوایێ هەرکەسێ هیدایەتی خۆیمان ئەدایێ‌و شارەزامان ئەکرد بە جۆرێ کە بە ناچاری ملی راکێشایێ بۆ پەیڕەوی فەرمانی ئێمە • بەڵام وام نەکرد لەبەر ئەوە کە قسە لە منەوە دەرچوە کە دۆزەخ پڕ ئەکەم لە پەری‌و ئادەمیزاد هەموویان • ئەمەیش لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خۆم تەوانای چاکەو خراپەم داوە بە هەموو عاقڵێ‌و ئەتوانێ بە ئارەزووی خێر چاکە بکا یا خراپە بکا ، وە ئەیشزانم کێ توانای خۆی بۆ چاکە سەرف ئەکا ئەوە کردوومە بە بەهەشتی‌و ، کێش توانای خۆی بۆ خراپە سەرف ئەکا ئەوە کردوومە بە دۆزەخی ، مادام ئەو توانام داوە بە هەردوولاو بەشێکیان لە خراپەدا بەکاری دینێ ئیتر بۆچی من بە زۆر وەری‌بگێڕم بۆ چاکەکردن ؟ دەی وازم لێ‌هێنان هەتا لەسەر ئارەزووی خۆیان ئیشی خۆیان تەواو بکەن •

جا لە رۆژی خۆیا پێیان ئەڵێین : دەی بچێژن سزای دۆزەخ بە هۆی ئەوەوە گەیشتن بەئێمەتان لەم رۆژی حسابەدا لەبیر چووبو ، ئێمەیش مامەڵەیەك لەگەڵ ئێوەدا ئەکەین وەك ئەوە وابێ ئێوەمان لەبیر چووبێ‌و ، سزای درێژخایەن بچێژن بە هۆی ئەو کارە نابارانەوە لە دنیادا ئەتانکردن‌و بە هۆی ئەو بیرە نابارانەوە بووتان •

(إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّداً وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ، وَهُمْ لا يَسْتَكْبِرُونَ (١٥) تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً ، وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (١٦) فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ ما أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (١٧)

نەوەك ئیمان دێنێ بە ئیمانی تەواوی رەسای داگیرکەری رۆحو دڵ بە ئایاتی ئێمە ئەو کەسانە نەبێ کاتێ کە پەندیان دادرا بـــە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانە ، ئەکەون بەسەر تەوێڵاو ناوچاوی پاکیان تەخت دائەنێن لەسەر زەوی‌و دڵی روو ناکیان ئەکەنەوە بۆ پڕتەوی رەحمەتی خودای بەرزو نەوی‌و، بە دڵ‌و دەم تەسبیحات‌و تەنزیهاتی خودا ئەکەن لە کەمی لەگەڵ ستایشی ئەوا بەو جۆرە کە شیاوی ئینسان بێ‌و ، ئەوان بە کەم‌و زۆر خۆیان بە گەورە ناگرن بەرابەر بە وەرگرتنی فەرمانەکانی خودا لە تەرکی حـــەرام‌و فیعلی واجیباتا •

تەنیشتیان‌و لەشیان بەرز ئەکەنەوەو لە جێگەی گەرم‌و نەرمی نوستنیان هەڵئەسن بۆ شەونوێژو بۆ لاڵەو پاڵەو سکاڵا لە دەرگای ئەو پەروەردگاری خۆیانەدا کە سوودو زیانیان‌و دنیاو قیامەتیان‌و بەرزی‌و نزمییان‌و ژیـــان‌و مردنیان‌و پایەو مایەیان هەر لەوەوە ئەزانن‌و بەس • وە ئەمەیش بۆ ئـــەوە ئەکەن لەبەر ترس لە قاری خوداو هیوای کـــەرەم‌و کاری ، وە ئەوەیش کردووما نە بە رۆزی ئەوان لە رێگەی خودادا سەرفی ئەکەن • جا ئەم تاقمە ئادەمیزادە کەس نازانێ بەوەی لە غەیبەوە بۆیان ئامادە کراوە لەو شتانە کە ئەبن بە هۆی دڵخۆشی‌و شادمانییان ، وە لەو ئامادەکراوانە کە پاداشی خێری ئەوانە لەسەر ئەو کردەوە باشانە کە ئەیانکردن •

(اَفَمَنْ كانَ مُؤْمِناً كَمَنْ كانَ فاسِقاً ؟ لا يَسْتَوُونَ (١٨)
اَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحاتِ فَلَهُمْ جَنَّاتُ الْمَأْوى
نُزُلاً بِما كانُوا يَعْمَلُونَ (١٩) واَمَّا الَّذِينَ فَسَقُوا فَمَأْواهُمُ
النَّارُ ، كُلَّمَا اَرادُوا اَنْ يَخْرُجُوا مِنْها اُعِيدُوا فِيها ، وقِيلَ
لَهُمْ : ذُوقُوا عَذابَ النَّارِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ) (٢٠)

ئایا کەسێ کە خاوەن ئیمان بێ بە شێوەی مەشرووع وەکو یەکێکە کافر بێو لە دائیرەی ئیمان دەرچووبێ ؟ نە ، نە ، ئەمانە وەکو یەك نین ؛ ئەویان نەمرە لە بەهەشتاو ، ئەمیان هەتا هەتایە لە دۆزەخدایە • جا ئەوانە خاوەن ئیمانن‌و کردەوەی باشیان هەیە بە یاسای دین ئەوە بۆ ئەوانە (جنات المأوی) واتە ماواو نیشتمانێ کە بریتین لە چەن بەهەشتێ‌و ئەو بەهەشتانە کراون بە شوێنی ئاسایشیان بە هۆی ئەو کارە باشانەوە ئەوان ئەیانکردن• وە ئەو بەهەشتانە وەکو شتێکی وەختیی وایە بە پەلە بۆ میوان ئامادە ئەکرێ‌و ، لە دواییدا شتی زۆر باشتری بۆ ئامادە ئەکرێ . ئەمانیش بەهەشتەکان وەکو شتە وەختیەکانەو رژاندنی رەحمەتی خودا جار بەدوای‌جاراو زیارەتی دۆست‌و خۆشەویستان لە درێژایی رۆزگاراو ، لیقای زاتی باری تەعالا ئەمانە ئەبن بە نیعمەتە گەورەکان بۆیان •

وە ئەوانەیش کە لە ئیمان‌و دین دەرچوون ئەوە شوێنیان ئاگری دۆزەخە بە درێژی کات ، هەرکاتێ خواستیان وابێ بێنە دەرەوە لەو ئاگرە سووزندەیە ئەخرێنەوە ناوی بە پاڵەپەستۆو ، لە لایەنی مەئموورەکانەوە پێیان ئەوترێ : بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ ، ئەو سزا کە لە دنیادا باوەڕتان پێ نەدەکرد •

(وَلَنُذِيقَنَّهُمْ مِنَ الْعَذَابِ الْأَدْنَى دُونَ الْعَذَابِ الْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٢١) وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا ؟ إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنْتَقِمُونَ) (٢٢)

وە ئێمە لەم ژیانەدا بەو کافرانە ئەچێژین لە سزا سووکەکە ئەك سزا گەورەکە ؛ چونکی هێشتا ئەم کاتی نەهاتوە ، بە هیوای ئەوە کە ئەمانە لە بیرو باوەڕی نابارو کردەوەی ناهەموار بگەڕێنەوەو دەسبەردار ببن • بێن بزانن کێ ستەمکارترە لە کەسێ کە ئامۆژگاری بکرێ بە ئاياتی خودای خۆیو ئەو پشتی لێ هەڵکاو گوێی نەداتێ ؟ نازانن ئەوانە کە خۆیان تاوانبارنو ئێمەیش تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنینەوە •

(وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ ، فَلَا تَكُنْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَائِهِ ، وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِبَنِي إِسْرَائِيلَ (٢٣) وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ (٢٤) إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) (٢٥)

وە بە راستی کیتابی تەوراتمان دا بە موساو تۆیش هیچ دوودڵ مەبە لەو کیتابەدا کە بۆت دێت بۆ بەیانی بیرو باوەڕو فەرمانو یاساو پێویستی دین• یاخود دوودڵ مەبە لەوەدا کە ئەو کیتابە بۆ موسا هاتوەو پێیگەیشتوە • وە ئەو کتێبی موسامانە کرد بە هۆی شارەزاکردن بۆ بەنیئیسرائیلو ، چەن پێشەوامان لەو گەلەدا دروست کرد کە خەڵکیان شارەزا ئەکرد لەسەر فەرمانی ئێمە ؛ لەبەر ئەوە کە خۆگربوون لەبەر باری ئازاری دوژمناناو ، خۆگر بوون بەرابەر بە نەزانو سەرسەختانی بەنیئیسرائیلو ، توانییان

تەورات بگەیەننە مێشکی وشکی ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە • وە ئەو پێشەوایانە لە گیانی خۆیانا باوەڕی ساغیان بە ئایاتی ئێمە هەبوو ؛ چونکی پێشەوا ئەگەر خۆی باوەڕی بە دینەکەی خۆی پتەو نەبێ ئەوە ئەو پەندو دەرزە دایئەدا ناگاتە گیانو دڵی گەلەکە چونکی :

وتار دەنگەکەی بە گوێچکە ئەگات

بەڵام ماناکە بە دڵ کار ئەکات

وە بە راستی پەروەردگاری تۆ حوکم ئەدا لە بەینی ئەو بەنیئیسرائیلییانەدا، یا لە بەینی ئەم کافرانی چەرخی خۆتەدا لەو باسانەدا کە جیاوازییان هەیە تیایانا •

(اَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ اَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ ؟ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ اَفَلا يَسْمَعُونَ ؟ (٢٦) اَوَلَمْ يَرَوْا اَنَّا نَسُوقُ الْمَاءَ إِلَى الاَرْضِ الْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِ زَرْعاً تَأْكُلُ مِنْهُ اَنْعَامُهُمْ وَاَنْفُسُهُمْ ؟ اَفَلا يُبْصِرُونَ ؟) (٢٧)

ئایا ئەم کافرانە شارەزا ناکا بۆ هێزی تەواناییو تۆڵەسەندنەوەی من ئەمە کە گەلێ لە خەڵکی چەرخە پێشووەکانمان بەرباد کرد ، کە ئێستە ئەمان بە پێ هاتوچۆ ئەکەنو بە شوێنەکانیانا ئەگەڕێنو کەلاوەو شوێنەوارەکانیان ئەبینن ؟ بە راستی لەم کارەدا نیشانەو بەڵگەگەلی زۆر هەیە لەسەر هێزو دەستەڵاتی ئێمە ، ئایا ئەم دەرزانە نابیسن بە بیستنێ کە پەندی لێوەربگرن؟

یاخود ئایا نابینن کە ئێمە ئاوی ئاسمان ئەنێرین بۆ سەرزەوی کە گیاکەی دووڕراوەتەوەو پێویستیان هەیە بە ئاو بۆ ئەوە جارێکی تر بڕوێتەوە ، جا ئێمە کشتی وای لێ دەرئەکەین ئاژەڵەکانیان لێی ئەخۆنو ،

بۆ خۆیشیان هەر بەکەڵکەو لێی ئەخۆن ؟ ئایا ئەمانە چاویان نابینێ‌و دەشت‌و سارا تەماشا ناکەن تا باش لەم مەبەستە تێ بگەن ؟

(وَیَقُولُونَ : مَتَی هذا الفَتْحُ إنْ کُنْتُمْ صَادِقِینَ ؟ (٢٨) قُلْ : یَوْمَ الفَتْحِ لا یَنْفَعُ الَّذِینَ کَفَرُوا إیمانُهُمْ ولاَ هُمْ یُنْظَرُونَ (٢٩) فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وانْتَظِرْ إنَّهُمْ مُنْتَظِرُونَ) (٣٠)

کافرەکان بە گاڵتەوە بە موسوڵمانەکان ئەڵێن : ئەگەر راست ئەکەن ئەم فەتح‌و سەرکەوتن‌و پیرۆزیتانە کەی ئەبێ‌و بۆ کەی ؟ تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : لە رۆژی فەتح‌و سەرکەوتندا ئیمان سوود نادا بە کافرەکان‌و ئیتر مۆڵەت نادرێن ، ئیستە ئیمان بێنن باشترە ، کە مادام ئەوانە وەها چەقەچرۆو سەرسەختن وازیان لێ بێنەو گوێیان پێ مەدەو چاوەڕوانی یارمەتیدانی خودا بکە ، بە راستی ئەوانیش چاوەڕێن بۆ ئەوە کە سەرکەون بەسەرتا • وە (انشاء الله) هەر تۆ زاڵ‌و سەرکەوتووی لە مەیدانا •

سوورەتی ئەحزاب لەوانەیە لە مەدینە هاتوونەتە خوارەوە ، حەفتاو سێ ئایەتە ، دوای ســـــوورەتی ئالی عیمران هاتوەتـە خوارەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(يا ايُّها النَّبِيُّ اتَّقِ الله ، ولا تُطِعِ الكافِرِينَ والمُنافِقِينَ ، إنَّ اللهَ كانَ عَلِيماً حَكِيماً (١) واتَّبِعْ ما يُوحى اليْكَ مِنْ رَبِّكَ ، إنَّ اللهَ كانَ بِما تَعْمَلونَ خَبِيراً) (٢)

ریوایەتکراوە : کــە ئەبوسوفیانو عەکرەمەی کــوڕی ئەبوجەهلو (ابو الاعور)ی سەلەمی لە کاتی هودنەو صولْح لەگەڵ حەزرەتا ـدـ هاتن بۆ مەدینەی مونەوەرە بۆ خزمــەتی حەزرەتو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییو موعتەبی کوڕی قوشەیرو ، جەدی کوڕی قەیسیان لەگەڵا بوو .

جا ئەبو سوفیان وتی : ئەی محەمەد تۆ باسی بتــەکانی ئێمە مەکــەو بڵێ : ئەوانیش حەقی تکایان هەیە ، ئێمەیش واز لە تۆ دێنین لەگەڵ خودای خۆتا . جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە .

ئەڵێ : ئەی خاوەنی پایەی پێغەمەری لە خودا بترسەو پەیڕەوی ئەو کافرانە مەکە کە لە مەکەوە هاتوونو ، ئەو مونافیقانە کەلە مەدینەدا بوون بە هاوڕێیانو قسەی ئەوانە وەرمەگرە ، بە راستی خودای تۆ زانایە بــە هەموو حاڵێو ، خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا .

وە شوێن ئەوە بکەوە کە بە وەحی لە لایەنی خودای خۆتەوە بۆت دێ ، بە ڕاستی خودا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن •

(وَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ وَكَفَى بِاللهِ وَكِيلاً) (٣)

وە ئیعتیماد بدە لەسەر خودای خۆتو خودا بەسە بۆ ئەوە پشتی پێ بەسرێو ئیعتیمادی بکرێتەسەر •

(ما جَعَلَ اللهُ لِرَجُلٍ مِنْ قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ ، ومَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ ، ومَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ . ذلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ . واللهُ يَقُولُ الْحَقَّ وهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ (٤) أُدْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللهِ ، فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوانُكُمْ فِي الدِّينِ ومَوَالِيكُمْ ، ولَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيما أَخْطَأْتُمْ بِهِ ، ولكِنْ ما تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ، وكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً (٥) النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ ، وأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ . وأُولُوا الأَرْحامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ والْمُهَاجِرِينَ ، إِلاَّ أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيائِكُمْ مَعْرُوفاً • كَانَ ذلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُوراً) (٦)

ریوایەتکراوە : کە ئیبنو عەبباس ـخـ عەرزیان کرد : تۆ چی ئەڵێیت لە هۆی ئەم ئایەتەوە کە خودا فەرموویەتی (ما جعل الله لرجل من قلبين •••) ؟ ئەویش فەرمووی : ڕۆژێ حەزرەت ـدـ هەستا نوێژی کردو لە نوێژا سەهوێکی بەسەرا هات ، لەوێدا یەکێ لە مونافیقەکان ـ کە لە

پشتیەوە نوێژی ئەکرد ـ وتی : تەماشاکەن محەمەد دوو دڵی هەیە ؛ دڵێکی وا لەگەڵ ئێمەداو ، دڵێکی لەگەڵ خۆیانا ، بۆیە وا سەهوی کرد لەم نوێژەدا ! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە •

وە ریوایەتکراوە لە ئیبنو عومەرەوە ـخـ : کە زەیدی کوڕی حاریثە ـ ئازادکراوی حەزرەت ـ هەر بانگمان ئەکرد (زەیدی کوڕی محەمەد) هەتا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (ادعوهم لآبائهم هو اقسط عند الله) جا ئەوسا بانگمان کرد (زەیدی کوڕی حاریثە) •

وە ریوایەتکراوە لـە ئەبوهورەیرەوە ـخـ لـە حـەزرەتەوە ـدـ فەرموویەتی : هیچ خاوەن ئیمانێ نیە ئیللا من نزیکترو دڵسۆزترم بۆ ئەو لە هەموو کەس لە دنیاو لە قیامەتا ، ئەگەر ئارەزوو ئەکەن بخوێننەوە : (النبي اولى بالمؤمنين من انفسهم) کە فەرموودەی خودایەو نەصە لەوەدا کەوتمان ، جا هەر موسوڵمانێ ماڵێکی لە پاش بەجێ ما با عەصەبەو کۆمەڵی ئەو بیبەن هەرکەسێ هەن ، وە ئەگەر قەرزی بەجێهێشت یا منداڵی وردی بەجێهێشت با بێن بۆ لای من هەتا قەرزەکەی بۆ بدەمەوەو منداڵەکانی بۆ بەخێو بکەم ؛ چونکی من گەورەو یارمەتیدەری ئەوانم •

جا خودای تەعالا فەرمووی : خودا بڕیاری نەداوە بۆ هیچ پیاوێ دوو دڵی بێ • وە لەو رۆژەدا کە ئەو سەهوە بەسەر پێغەمەرا هاتوە لەبەر ئەوە نەبوە دوو دڵی بوەو دڵێکیان لە لای خۆی بوەو دڵێکیان لە لای خزمو کەسی خۆی ، وەکو یارۆی مونافیق وتویە ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوە کە خودا سوجدەی سەهو تەشریع بکا بۆ هەر کەسێ کە لە نوێژا سەهو بکا • وە ئەوەیش کە لەناو عەرەبا مەشهوور بوە پیاوی زۆر هۆشیار دوو دڵی هەیە وەکو وتوویانە بە (معمر) یاخود بە (جميل) کوڕی ئەسەدی فیهری (ذو القلبين) ئەصلی نیە •

وه خودای تەعالا بڕیاری نەداوه ئەو ژنانه كه ظیهاریان له گەڵا ئەكەن دایكی ئێوه بن ، واته پێیان ئەڵێن (انت علی كظهر امی) یانی تۆ بۆ من وەكو پشتی دایكم وەهای ، وەكو چۆن سواری دایكی خۆم نابم ئیتر سواری تۆیش نابم • ئەم قسه له عالەمی جاهیلیەتا به تەڵاق دانراوه ، بەڵام له ئیسلاما حوكمی گۆڕراو كەسێ ئەو لەفزه بڵێ ژنەكەی لێ حەرام ئەبێ هەتا : یا بەندەیێ ئازاد ئەكا ، وه ئەگەر بەنده نەبوو ـ وەكو لەم چەرخەدا ـ ئەبێ دوو مانگ بەڕۆژوو بێ ، ئەگەر نەخۆش بوو دوكتۆر مەنعی رۆژووی لێ كرد خۆراكی شەصت گەدا بدا یەكی مشتێ گەنم •

وه ئەو كەسانه ئێوه ئەیانگرنه خۆتانو ئەیانكەن به كوڕی خۆتان خودا نەیكردوون به كوڕی ئێوه ، ئەم قسه كه ئەڵێن ئەوانه كوڕی ئێمەن قسەیەكه له دەم دەرئەچێ نەك له دڵو حەقیقەتی واقیعی نیەو ، خودای تەعالا شتێك ئەفەرموێت كه حەقیقەتێكی عەینی موطابیق بۆ واقیع بێ ، وه خودا ئێوه شارەزا ئـەكا بۆ رێگەی راست كـه نیسبەتدانی ئینسانه لـه باوكی واقیعی خۆی •

وه ئەو كەسانه كه كردووتانن به كوڕی خۆتان به ناوی باوكیانەوه بانگیان بكەن ئەوه موافیقی حەقه به لای خوداوه • جا ئەگەر باوكەكانیاتتان نەئەزانی ئەوه براتانن‌و به برا بانگیان بكەن‌و ، دۆستی ئێوەن به كەلیمەی (خۆشەویستم) بانگیان بكەن •

وه تاوانتان لەسەر نیه لەوەدا كه پێش ئەم نەهیه بـه ناوی غەیری باوكی خۆیانەوه بانگتان كردوون ، یاخود له پاش نەهیەكه به هەڵه بێت به دەمتانا • بەڵام گوناح وا لەوەدا كه به عەمدی دڵتان بێ ، وه خودای تەعالا تاوانبەخش‌و میهرەبانه ، ئەگەرنا له سەر هەڵەكەیش سزای ئەدان •

موسلیم‌و بوخاری‌و ترمذی‌و نه‌سائی‌و غـه‌یری ئه‌وانیش ریوایه‌تیان کردوه له ئیبن‌و عومه‌ره‌وه ـخـ : که زه‌یدی کوڕی حاریثه به‌نده‌ی حه‌زره‌ت ـدـ بوو ، هه‌ر به (زه‌یدی کوڕی محه‌مه‌د) بانگمان ئه‌کرد ، هه‌تا ئایه‌تی (ادعوهم لابائهم •••) هاته‌خواره‌وه ، له‌وێدا حه‌زره‌ت فه‌رمووی : تۆ زه‌یدی کوڕی حاریثه‌ی کوڕی شه‌راحیلی •

وه ڕووداوی ئه‌م زه‌یده وه‌کو (ابن مردویه) لـه ئیبن‌و عه‌باسه‌وه ریوایه‌تی کردوه ئه‌مه‌یه : ئه‌ڵێ : زه‌ید به سه‌ردان هاتبوو بۆ لای خاڵۆکانی که کوڕانی (معن) له کوڕانی (ثه‌عل) له هۆزی (طه‌ی) بوون ، له‌وێدا شه‌ڕێ قه‌وماو ئه‌و هۆزه تالاّن کران‌و ، زه‌ید پێوه بوو بردیان‌و دوایی هێنایان بۆ بازاڕی (عکاظ) • جا ڕۆژێ حه‌کیمی کوڕی حه‌زامی کوڕی (خویلد) ڕۆیشت بۆ ئه‌و بازاڕه شت بکڕێ‌و خه‌دیجه‌ی خێزانی حه‌زره‌ت ـدـ پێی وت : ئه‌گه‌ر بۆت ڕێکه‌وت غولامێکی قسه‌خۆشی عه‌ره‌بیم بۆ بسێنه • جا کاتێ حه‌کیم گه‌یشته ئه‌و شوێنه که غولامیان تیا ئه‌فرۆشت زه‌یدی چاوپێکه‌وت‌و زۆر له لای جوان بو ، جا کڕی‌و بردیه‌وه بۆ مه‌که‌و ، دوای ماندوحه‌سانه‌وه‌ی بردی بۆ لای پوورکی ، که خه‌دیجه بو ، عه‌رزی کرد : ئه‌گه‌ر ئه‌ته‌وێ ئه‌وا غولامه‌که‌م بۆ کڕیوی ، کاتێ خه‌دیجه چاوی پێی که‌وت پێی خۆش بوو له حه‌کیمی وه‌رگرت •

پاش ئه‌وه‌که حه‌زره‌ت ـدـ خه‌دیجه‌ی ماره‌کرد خه‌دیجه ئه‌و غولامه‌ی به‌خشی به حه‌زره‌ت‌و ، زه‌ید له لای حه‌زره‌ت مایه‌وه هه‌تا حاریثه‌ی باوکی هه‌واڵی زانی که زه‌ید وا له مه‌که‌دا ، ئه‌وسا له‌گه‌ڵ براکه‌یی‌و کـوڕێکیـا هاتن بۆ مه‌که‌و حاریثه عه‌رزی حه‌زره‌تی کرد که زه‌یدی پێ‌بداته‌وه • عه‌رزی کرد : ئه‌ی محه‌مه‌د ئێوه ئه‌هلی حه‌ره‌می خودان‌و ، نان ئه‌ده‌ن به داماوان‌و هـه‌ژاران ، ده‌ی منه‌ت بخـه‌ره سـه‌ر شانمان‌و هـه‌رچه‌ن فیدیه‌ت ئـه‌وێ

پێشکەشتی ئەکەین ، حەزرەت ـدـ فەرمووی : من مامەڵەیەکی لەمە باشترتان لەگەڵا ئەکەم ، وتیان : چی ئەفەرمووی ؟ ئەویش فەرمووی : قسە لەگەڵ زەیدا بکەن ، ئەگەر ئێوەی ویست ئەوە بە بێ فیدیە ببیەنەوە . وە ئەگەر لای ئێمەی پێ خۆش بوو وازی لێ بێنن با بمێنێتەوە • ئەویش وتی : خودا پاداشت بداتەوە • جا حەزرەت ـدـ فەرمووی : ئەی زەید ئەم کۆمەڵە ئەناسی ؟ عەرزی کرد : بەڵێ ئەمە باوکمەو ، ئەوە مامەو ، ئەوەیش برامە • حەزرەت فەرمووی : دەی ئەوە وایە ، جا ئەگەر ئەوانت ئەوێ لەگەڵیانا بڕۆرەوە ، وە ئەگەر منت ئەوێ ئەوە تۆ من ئەناسی •

زەید عەرزی کرد : من هەرگیز لە تۆ بەولاوە کەسم ناوێ‌و تۆ لە شوێنی باوکم‌و مامەمدای • لەوێدا باوکی‌و مامی پێیان وت : ئەی زەید تۆ بەندایەتیت پێ‌خۆشە ؟ ئەویش وتی : من ناتوانم لەم شەخسە جیابمەوە ! جا کاتێ حەزرەت لەوە حاڵی بو کە زەید زۆر ئارەزووی هەیە لە خزمەتیا بمێنێتەوە فەرمووی : ئاگادار بن‌و بە شایەت بن زەید ئازادەو کوڕی منە ، میراتم لێ وەرئەگرێ‌و میراتی لێ وەرئەگرم •

جا کاتێ حەزرەت ئەمەی فەرموو زەید ئازادکرا دڵیان خۆش بوو بەوە رازی بوون کە زەید بە کوڕێتی لای حەزرەت بمێنێتەوە • ئیتر لەو کاتەوە بە زەیدی کوڕی محەمەد بانگی لێ ئەکرا ، تا ئایەتی (ادعوهم لابائهم ...) هاتەخوارەوە • جا حەزرەت بانگی کرد زەیدی کوڕی حاریثە •

وەلحاصل (تبنی) واتە کوڕی‌خەڵکی بە کوڕی خۆکردن لە جاهیلیەتاو لە ئیسلاما لە ناو عەرەبا باوبوە ، تا ئەو ئایەتە هاتەخوارەوەو موسوڵمانانی لەو کارە مەنع کرد • وە حەدیث هەیە لەسەر ئەوە هەرکەسێ بە درۆ خۆی بکا بە کوڕی کەسێ‌و بزانێ کوڕی یەکێ ترە ، یا هەر پیاوێ منداڵی

نەسەب‌نەناسراو یا نەسەب‌ناسراو ، بە خۆڕایی یا بە پارە وەری‌بگرێ‌و بیکا بە منداڵی خۆی ئەوە تاوانبارەو خودای لێ زوێرە :

١ ـ چونکی بێگانە ئەکا بـە (وارث)و واریث نائومێد ئـەکا یا بەشەمیراتەکەی کەم ئەکا •

٢ ـ بێگانە ئەخاتە ناو خێزانی خۆیەوەو ئامادەی ئەکا بۆ (خەڵوەت) بە شێوەی ناڕەوا •

٣ ـ دیارە (عرق‌دساس)ە ـ واتەرەگ دزە ـو وا ئەبێ لە تایفەیەکدا بازە نەخۆشینێ بە میرات دێ وەکو : (سیل)و (باداری)و (ئەعصاب)•••و ئەم دەردەدارە تێکەڵی خێزانی خۆی ئەکا ••

وە ئەبێ بزانی کە (تبنی) جیاوازی لە (استلحاق) هەیەو ئەمەی دوایی ڕەوایەو بریتیە لەوە : ئینسانێ چوەتە لای ژنێ بە گومان‌و ئـەو ژنە منداڵێکی ئەبێ‌و لەو کاتەدا ژنەکە منداڵەکە ئەداتە پاڵ پیاوێ ترو ئەم کابرایشە لێی مەعلومە منداڵی خۆیەتی‌و داوای ئەو کوڕە ئەکا بە سیفەتی ئەوە کوڕیەتی •

وە یاخـود کابرایێ کوڕێکی بـە منداڵی ون‌بوە لـە پاشا بـە بازێ نیشانەدا ئەیدۆزێتەوەو داوای ئەکاو یەکێ تر ئەڕوا بە گژیاو مەحکەمە ئەو کێشە ئەبڕێتەوە • ئەمانە هەموو ڕەوان لەسەر یاسایێ کە شەرع بەیانی کردوە • وە (استلحاقی) پیاو جێگەی ئیعتیبارە ، بەڵام ئستیلحاقی ژن بایەخی نیە بۆ ئەوە نەبێ کە حەرامە مارەکردنی ئەو ژنە لەو کوڕە لەسەر داوای ژنەکە خۆی • وەکو لە شەرعا روونە •

هەروا لـە هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی (النبي اولى بالمؤمنين من انفسهم •••)وە ریوایەت‌کراوە کە حەزرەت ـدـ فەرمانی دا بە گەلێ لە

خەڵکی مەدینە کە دەرچن بۆ جەنگی تەبووك ، ئەوانیش بازێکیان وتیان با پرسی باوكو دایکمان بکەین • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کـە مەعنای وەهایە : پێغەمەر ـدـ لایەقترە بۆ موسوڵمانان لە خۆیان لە هەموو شتێکدا ، واتە ئەگەر حەزرەت بانگیان بکا بۆ کارێ نەفسی خۆیان ئارەزووی ئـەو کارەی نـەبێ ئـەوە فەرمانبەری حەزرەت ـدـ واجبەو ئەبێ گوێ بـە ئارەزووی خۆیان نەدەن •

وەلحاصڵ تەفسیری ئایەتە شەریفەکە ئەوەیە کە پێغەمەر ـدـ لایەقترە بـە ریعایەتی ئەحواڵی موسوڵمانان لـە نەفسی خۆیان لە هەموو کارێکدا سەلبی یا ئیجابی ، وە موسوڵمانان مافی سەرپێچییان لە فەرمانی حەزرەت نیە ؛ چونکی ئەو زاتە ، راستەو دڵسۆزەو زانایەو خودا ئاگاداری ئەکاو وەحی بۆ ئـەنێرێ • کـە وابێ لـە هەموو شتێکدا حـەق ئەوەیە ئـەو ئەیفەرموێت • وە خێزانەکانیشی وان لە جێگەی دایکیانا لە رێزو ئەدەبو چاودێری حاڵا ، نەك لە تەماشکردنو خەڵوەتو باقی ئومووری دنیاییدا •• ئەوە ئەوانە بۆ موسوڵمانان وەکو ژنی بێگانە وەهان • بۆیە عائیشە ـخـ ئەیفەرموو : ئێمە دایکی ژنەکان نین • یانی ئەگـەر دایکی راستی بووینایێ فەرقی پیاوو ژن نەدەبو • وە ئەو خزمانە کە خزمایەتی نەسەبیی ، یا ژنو ژنخوازییان لەگەڵ یەکا هەیە ، بازێ لەوانە لایەقترن بە وەرگرتنی میرات لە غەیری خۆیان لە بڕیاری کتێبی خودادا کە (لوح المحفوظ) ، یا قورئانی پیرۆزە • وە غەیرەکەی خۆیان مەبەس لە (مهاجرین)و (انصار) وە یا (اولو الارحام) لەوانە ، یانی کاتی خۆی لە سەرەتای کاتی کۆچکردنەوە بۆ مەدینە یـەکێ میراتی لە یەکێ ئەبرد بـە هۆی ئەوەوە کە هەردوو بـە یەکەوە کۆچیان کردوە ، یا هەردووکیان لە (ئەنصار)ن • بەڵام ئـەو حوکمە نەسخکرایەوەو تەماشای خزمایەتی ئەکرێ ، ئەوە نەبێ کە لەگەڵ

دۆستەکانتانا چاکەیێ بکەن ، واتە وەصیەت بکەن بە ئەندازێ ماڵ پێیان بدرێ ئەوە مەمنووع نیە • وە ئەمە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە •

(وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ ، وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ ، وَإِبْرَاهِيمَ ، وَمُوسَى ، وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ . وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقاً غَلِيظاً (٧) لِيَسْأَلَ الصَّادِقِينَ عَنْ صِدْقِهِمْ . وَأَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً أَلِيماً) (٨)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە ئێمە پەیمانمان لە پێغەمەرەکان وەرگرتووە ، پەیمانمان لە تۆو ، لە نوحو ، ئیبراهیمو ، موساو ، عیسای کوڕی مەریەم وەرگرتوە ، پەیمانێکی زۆر گەورەو بەهێزمان لێ وەرگرتوون لەسەر گەیاندنی ئاینو.مودارا بە قەی ئەوانا لەگەڵ ئەوانەدا ئاینیان پێ رائەگەیەنن ، وە خۆگرتن لەسەر ئازاری دڵو، بەرانبەری نەفامانو ، خۆبەهێزکردن بە تەوەکولو ئیعتیماد لەسەر خودا • وە ئەنجامی ئەم پەیمانە ئەمەیە تا خودا پرسیار بکا لەو پێغەمەرە گەورە راستانە لە ئەنجامی راستیەکەیان • واتە پێیان بلێم : کە ئێوە بەو راستیەوە خەڵکتان بانگ کرد بۆ خوداپەرستی ئەوان چۆن وەڵامیان دانەوە ؟ ئایا کێ بە دەنگتانەوە هاتو پەیامەکەی لێ وەرگرتنو ئامادەی فەرمانبەری خودا بوو ؟ وە کێ لای لێ نەکردنەوەو گوێی بە بانگەکەتان نەداو سەرپێچی کرد ؟ وە خودا بۆ خاوەن باوەڕو کردەوە باشەکان بەهەشتو نیعمەتو ئاسایشی ئامادە کردووەو ، بۆ کافرەکانیش سزایەکی سەختو مەینەتو ئازارێکی زۆرمان بۆ داناونو ، تۆڵە لە قەی کردەوەیە •

بزانن ! خاوەن تەفسیرەکان گەلێکیان تەفسیری ئەم پەیمانەیان وا کردوە کە بریتیە لەو پەیمانە کە لە (عالەمی ئەرواح)دا خودا لەگەڵ

پێغەمەرەکانا بەستوویە ، وەکو لە ئایەتی (واذ اخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم ...) لە سوورەتی ئەعرافدایە .

وە بازێ فەرموویانە : ئەو پەیمانە لە زەمانی ریسالەتی ئەوانا بوە لە عالەمی ئەجساما بەو جۆرە کە خودا خۆی ئەزانێ بە ئیلهامە ، یا بە خەوە ، یا بە هەر شێوەیێ ببێ . وە خودا تەوانایە بەسەر ئەوانا .

هەروا بزانن ناوهێنانی ئەو چەند پێغەمەرە بـە ناوی خۆیان لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو بەر کەلیمەی (والنبيين) ئەکەون .. لە بەر دەربڕینی زیادە بایەخدانە بەم چەن کەسە کە لە پێغەمەرانی (اولو العزم)نو لە واقیعا زەحمەتیان زۆر بوەو لەگەڵ ئوممەتەکەیانا گەلێ هەوڵیان داوە تا دینەکەیان بڵاوکردوەتەوە .

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ ، إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحاً وجُنوداً لَمْ تَرَوْهَا . وكانَ اللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيراً) (٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە باسی نیعمەتی خودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە سوپای دوژمنەکان هاتن بۆ سەرتان ، جا ئێمەیش سوپای (با)مان نارد بۆ سـەر ئەوانو ، سوپایەکیشمان بۆ ناردن کـە ئێـوە نەتانئەبینین . وە خودای تەعالا بینایە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن .

بزانن ! ئەم ئایەتە باسی (جەنگی ئەحزاب) ئەکا کە ناویش ئەبرێ بە (جەنگی خەندەق) ، وە ئەساسی ئەم جەنگە لەسەر ئەوە بوو کە کۆمەڵێ لە گەورەکانی (بەنی نەضیر) لە جولەکە لە ماڵ دەرچوونو رۆیشتن بۆ (مەکە)و ، پیاوە گەورەکانی قورەیشیان بانگکردو ، هانیان دان بـۆ جەنگکردن لەگـەڵ حـەزرەتاو ، پێیانوتن : ئێمەیش واین لەگـەڵتانا تا

محەمەدو پەیڕەوانی لەناو ئەبەین ، وە ئایینی ئێوە لە ئایینی محەمەد چاکترە •
جا ئەمانە ڕێکەوتن لەگەڵ قورەیشاو بڕیاری جەنگیان دا لە دژی حەزرەتو
یارانی •

هەر ئەو کۆمەڵە جوولەکە ڕۆیشتن بۆ لای هۆزی (غطفان)و
ئەوانیشیان ختەدا بۆ جەنگ لە دژی حەزرەتو ئەوانیش موافقەیان کرد
لەگەڵیانا ، پاش ئەمە ڕۆیشتن بۆ لای بەنیفەزارەو (بەنی موڕە) ئەوانیشیان
سازکردو ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کاتو شوێنی دیارییان بڕیار دا بۆ جەنگ
دژی حەزرەت ، هەتا بە جارێ خۆیو موسوڵمانەکان بەرباد بکەن •

وە حەزرەت ـدـ بەم ڕێکەوتنەی نێوان جوولەکەو هۆزە عەرەبەکانو
قورەیشی زانیو یارانی کۆکردەوەو داوای راوێژی لێکردن • وە سەلمانی
فارسی کە لە ناویانا بوو ڕێنومایی کردن بۆ دروستکردنی (خەندەق) لە
بەردەمی سوپای دوژمنەکانا لە نزیکی مەدینەداو ، ئەم ڕێنومایییە پەسەندکراو
دەستکرا بە هەڵکەندنیو ، پێش هاتنی سوپای دوژمنەکان خەنەکەکە
هەمووی تەواو بو •

وە ئەو ئەحزابە بریتی بوون لەمانە کە باسیان ئەکەین :
یەکەم : قورەیشو سەرلەشکریان ئەبوسوفیان بو •
دووەم : بەنوئەسەد ، سەرۆکیان طولەیحە بو •
سێیەم : غەطەفان ، گەورەیان عویەینە بو •
چوارەم : بەنوعامیر ، گەورەکەیان عامیری کوڕی طوفەیل بو •
پێنجەم : بەنوسولەیم ، (ابو الاعور)ی سەلەمی گەورەیان بو •
شەشەم : بەنونەضیر ، گەورەیان (حیی کوڕی اخطب) لەگەڵ کوڕانی
ئەبوحەقیق بو •

حەوتەم : بەنوقورەیظە ، گەورەی ئەوان کەعبی کوڕی ئەسەد بو . ئەمانە پەیمانیان هەبو لەگەڵ حەزرەتا، بەڵام بە هۆی هاتوچۆو تێکۆشانی (حیی)ەوە ئەو پەیمانەیان شکاند .

وە ژمارەی ئەم سوپای ئەحزابە لـە ریوایەتێکدا دە هەزارو ، لـە ریوایەتێکدا دوازدە هەزارو ، لە ریوایەتێکی تردا پازدە هەزار کەس بوون . وە هاتن لە نزیکی مەدینەی مونەوەرەدا لە نزیکی خەنەکەکەوە خێوەتیان هەڵدا .

وە لە پێش گەیشتنی ئەوانا حەزرەت بە سێ هەزار کەس لە یارانەوە هاتبوون لـە نزیکی ئـەو خـەنەکەدا کـە هەڵیانکەندبوو دامەزرابوونو ئامادەبوون بۆ هاتنەمەیدانو جەنگکردن .

وە فەرمانی دا کە پیرو داماوو ژنو منداڵ لە مەدینە دووربکەونەوە بۆ سەر بەرزیو شوێنی پەناو خۆیان بشارنەوە ، وە ترسو بیم لەسەر خەڵك زۆر بوو ، ماوەی یەك مانگ ئەم دوو سوپایە بێشەڕکردنی رووبەڕوو دەستەو یەخە لە بەرانبەری یەکدا مانەوە .

وە لەسەر قسەی گەلێ لەوانە کە سیرەتی حەزرەتیان نووسیوە ئەم رووداوە لە مانگی شەوالی ساڵی پێنجی کۆچیدا دەستی پێکرد .

لـەو کاتـەدا موسوڵمانـەکان ئاگـاداربوون لـەوە کە جوولـەکەی بەنیقورەیظە پەیمانەکەیان کە لەگەڵ حەزرەتا بەستبوویان شکاندوویانەو جوولەکەکانی تریش هاوبیری ئەمانو عەرەبەکانیشیان لەگەڵدانو وەکـو دۆستو برا دەستیان کردوە بە دەستی یەکداو ، لەولایشەوە موونافیقەکانی دەورو بەری مەدینە دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی پڕو پاڵاتەو دیعایەکردن بۆ عەرەبو دیعایەکردن لە دژی حەزرەتو موسوڵمانانو ، زۆر کەسیان

بە ناوی ئەوەوە کە ماڵو خانەوادەیان چۆڵە ئیزنیان لە حەزرەت وەرگرتو گەڕانەوە بۆ مەدینە •

لە ماوەی ئەو مانگەدا جگە لە شەڕەبەرد لە دوورەوەو شەڕە تیرێکی ئەمبەرەوبەری خەنەکەکە رووداویکی وا رووی نەدا ، ئەوە نەبێ چەند سوارێ لە عەرەب ، وەکو عەمری کوڕی عەبدیوود کە بەرابەر بە هەزار سوار بوو ، عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهلو ، ضەراری کوڕی خەطابو ، هەبیرەی کوڕی ئەبو وەهەبو ، نەوفەلی کوڕی عەبدوڵلا ئەمانە سوار بوونو هاتن لە شوێنێکی تەنگەبەری خەنەکەکەوە پەڕینەوە بۆ لای سوپای حەزرەتو دەستیان کرد بە غارو هاتوچۆ ، لە نێوان خەنەکەکەو کێوی (سلع)دا ؛ جا عەلی کوڕی ئەبوطالیب لەگەڵ چەن کەسێ لە موسوڵمانەکانا بۆیان دەرچوون هەتا ئەو تەنگەبەرییە کە لێی پەڕیبوونەوە گرتیانو بازێکیان روویان کردە سوارە عەرەبەکانو ، حەزرەتی عەلی عەمری کوڕی عەبدیوودی کوشتو ، سوارەکانی هاوڕێی لە ترسا هەڵاتنو ، (منبه)ی کوڕی عوثمانی کوڕی (عبدالدار)و نەوفەلی کوڕی (عبدالعزی) کوژران •

وە بازێ ئەڵێن : نەوفەل کەوتبوە ناو خەنەکەوەو یاران بە بەرد لێیان ئەدا ، ئەویش بانگیکرد لەمە جوانتر ئەوەیە یەکێکتان بێتەخوارەوەو شەڕم لەگەڵدا بکا ، جا زوبەیری کوڕی عەوام بۆی دابەزیو کوشتی • کافرەکان دە هەزار دیناریان نارد بۆ حەزرەت ـدـ کە لاشەی نەوفەلیان پێبداتەوە • ئەویش فەرمووی : ئێمە پارەی مردارەوەبوو وەرناگرین ، بە خۆڕایی بیبەنەوە ، ئەوانیش هاتن لاشەکەی نەوفەلیان بردەوە •

ئەم رووداوە ورەی موسوڵمانەکانی زۆر بەهێزکردو ، کافرەکان زۆر پەست بوونو ، خودا بە چەن شتێ یارمەتی سوپای ئیسلامی دا •

یەکەم : نەعیمی کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی لە ناو کافرەکانا بو هات بۆ لای حەزرەت ـدـ موسوڵمان بوو ، عەرزی کرد هەر کارێ ئەفەرمووی ئامادەم بیکەم • حەزرەت فەرمووی : تۆ تاقەکەسێکی بە جەنگ شتێکی وات پێ ناکرێ ، بەڵام ئەگەر ئەتوانی بڕۆ بە فێڵ شتێکیان لەگەڵا بکە ؛ (چونکە جەنگ بە فێڵە)و ئەوان ئێستە نازانن تۆ موسوڵمان بوویی • ئەویش عەرزی کرد باشە ، جا هەستاو ڕۆیشت •

لە پێشا ڕۆیشتە ناو (بەنیقورەیظە)و ئەوانیش بە کافریان ئەزانی ، پێیوتن : ئێوە خۆتان مەخەنە داوەوە لەگەڵ قورەیشداو جەنگ لەگەڵ محەمەدا مەکەن هەتا چەن پیاوێ لە قورەیش وەرنەگرن بە بارمتە ؛ چونکی باوەڕم وایە کە قورەیش بە دڵ شەڕ ناکەن لەگەڵ محەمەداو ، ئێوە ئەکەونە ناو داوی دوژمن لەگەڵ محەمەدا • ئەوانیش قسەکەیان زۆر باشو ـ وەك قسەی دۆست ـ وەرگرت •

پاش ئەوە نەعیم ڕۆیشت بۆ ناو عەرەبەکانو پێیوتن : ئێوە ئاگاتان لەوە نیە بەنیقوریظە لە ژێرەوە لەگەڵ محەمەدانو بڕیاریان داوە کە چەن کەسێ لە قورەیشو غەطەفان بە ناوی بارمتەوە وەربگرنو بیاندەن بە محەمەد بیانکوژێ !

جا ئەگەر ناردیان بۆ ئەم مەبەستە بزانن قسەکەی من ڕاستە • هەروا هات بۆ ناو غەطەفانیشو هەمان قسەی بۆ کردن • بەم شێوە تێوانی عەرەبو جوولەکەی تێکداو کەسیان باوەڕیان بە کەسیان نەما کە دۆست بن ، چجای ئەوە شەڕیان بۆ بکەن •

دووەم : ئەمە بو خودا بایەکی بە هێزی زۆر ساردی نارد بۆ سەریان وایکرد لە خێوەتو شوێنەکەیان مەگەر خودا بزانێ ! مەنجەڵی چێشتی

هەڵگێڕایەوەو ، دەواری فڕەداو وردەبابەتیانی برد بە دەرو دۆڵاو ، خەوش و خاڵی باران بەسەریانا ••• وەهای پێ کردن هەموو لە ژیانی خۆیان نائومێد بوون •

سێهەم : بە هۆی مەلائیکەی خوداوە یارمەتی دران • ریوایەت کراوە : ژمارەی هەزار مەلائیکە هاتوونەتە خوارەوەو لەگەڵ هاتنی ئەوانا خـودا بایەکی توندی ساردی نارد کە مەشهوورە بە (صەبا) جا ئەو بایە تۆزو خۆڵی ئەهێناو بە هێز ئەیدا بە ناوچاوانی ئەو خەڵکەداو ، فەرمانی دا بـە مەلائیکە کـە تەنافی خێوەتەکانیان ئـەبڕیو ، ئاگرەکانیان ئەکووژانەوەو ئـەسپ و وشترەکانیان بەردا تێکـەڵی یـەك بوون و بڵاوەیان کرد بـە ناو خێوەتگاکەیاناو ، ترس و بیمیان خستە ناو دڵی ئەو سوپای ئەحزابەوەو ، مەلائیکە لـە چواردەوری سوپاکەیانەوە (الله اكبر)ی ئـەکرد ، هـەتا طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی هەستا وتی : محەمەد ئەمجارەیش سیحرەکانی خۆی هێناوە سەرمان ! کوڕینە دەرچن رزگار بین ! جا ئەو سوپایە سەریان لێ تێکچو •

وە حوذەیفە ـخـ ئـەڵێ : رۆیشتم بۆ ئـەوە هەواڵێکی ئەحـزاب بێنمەوە ، تەماشام کرد پیاوێ ئەیتوانی لە خێمەکانەوە بڕواتە دەرەوە ، وەها سەریان لێ شێوا بو ، وەڵڵاهی دەنگی بەردم ئەبیست ئەیدا بەسەر دەفرو شت و مەکیاناو ، با لێی ئەدان ، کاتێ گەڕامەوە بۆ لای حەزرەت لە ناوقەدی رێگەدا گەیشتم بە بیست سواری مێزەر لەسەر وتیان : هـەواڵ بدە بـە محەمەدی گەورەت کە : خودای تەعالا رزگاری کردن لە شەڕکردن لەگەڵ ئەحزابا • ئەمەم لە (روح المعاني) وەرگرتوە •

موسلیم ـخـ لە صەحیحەیەکا ریوایەت ئەکا لـە حوذەیفەی کوڕی یەمانەوە ئەڵێ : لە خزمەتی حەزرەتا بووم لە شەوی ئەحزاباو ، باو سەرمایەکی

توند داگیری کردین • لەوێدا حەزرەت ـدـ فەرمووی : پیاوێ نیە هەواڵێکی ئـەو گەلەم بۆ بێنێتەوەو لـە بەهەشتا لەگەڵ منـدا بێ ؟ ئەڵێ : هەموو بێدەنگ بووین ، کەس وەڵامی نەدایەوە هەتا سێ جار • جا فەرمووی : ئەی حوذەیفە بڕۆ هەواڵێکی ئـەو گەلـەم بۆ بێنەرەوە ، بـەڵام مەیان ئاڵۆزێنە لێم •

منیش زۆر بێدەنگ رۆیشتم هەتا نزیکی خێوەتەکەیان بوومەوە ، چاوم کەوت بە ئەبوسوفیان پشتی خۆی ئەدا بە ئاگردا ، منیش تیرێکم خسـتە کەوانەکەم ، ئەگـەر لەبـەر قسەکەی حەزرەت نەبوایێ لێم ئەداو ئەمپێکا ؛ لەوێوە هاتمەوە بۆ لای حەزرەت ئەویش لە زیادەی عەباکەی خۆی بەشیداموو نوستم ، هەتا رۆژ بوەوەو ، حەزرەت فەرمووی : هەستە ئەی زۆرنوستوو !

وە لە ریوایەتی ئیبنو ئیسحاقدا زیادەیەك هەیە : حوذەیفە ئەڵێ : رۆیشتمە ناو گەلەکەوە ، (با) بە هێزی خۆی ـ و لەشکری خودا ـ ئەوەی پێ کردن کە پێی‌کردن • نە مەنجەڵی بەسەر ئاگرەوە هێشتوو ، نە خێوەت بە پێوە ماو ، نە ئاگر ئەگڕا ••• لەوێدا دەستی پیاوێکم گرت کە لـە تەنیشتمەوە بو • وتم : تۆ کێی ؟ وتی : فلانی کوڕی فلانم • لەوێدا گوێم لێ‌بوو ئەبوسوفیان ئەیوت : ئەی گەلی قورەیش وەڵاهی ئەم جێگەمانە جێگەی مانەوە نیە ؛ وڵاخەکانمان لە ناوچوون ، بەنوقورەیظە لەگەڵمان تێکچوونو ئەوەی پێمان ناخۆشە لێمان‌بیستنو ، بای ساردیش ئەومانە پێ‌ئەکا کە ئەیکا ، هەستن بار بکەن ، وا من بارئەکەمو ئەگەڕێمەوە •

لە بەیانی ئەو شەوەدا دەرکەوت کە کافرەکان هەموو باریان‌کردوە • جا حەزرەتیش لەگەڵ سوپاکەیا گەڕایەوە •

وە حەزرەت ـدـ لە شەوانی ئەحزابا هـەر دۆعای ئەکـردو ، لـە ڕۆژەکانیشاو ئەپاڕایەوە لە خودا بۆ یارمەتیدانی موسوڵمانەکان • وە لەو دۆعایانە کە ئەیکردن ئەمەبو : (اللهـم منزل الکتاب ، سریع الحساب ، اهزم الاحزاب ، اللهم اهزمهم وزلزلزهم) • واتە ئەی خودایە کە قورئانت ناردوەو ، حسێبی ڕۆژی قیامەتت بە پەلەیە ، سوپای کافرانـی ئەحزاب بشکێنە ، خودایە بیانشکێنەو بیانخەرە ناو جووڵەو بێئارامییەوە •

لـەم وەزعی حەزرەتەوە دەرئەکەوێ کـە دۆعاکردنو پاڕانەوە بـە جۆشی دڵ لە لای خودا ، بە مەرجی ئەوە کە مەبەستەکەت ڕەوا بێ ، یەکێکە لە هۆکانی ڕزگاری لە مەینەتو گەیشتن بە ڕەحمەتو نیعمەت •

(إِذْ جَاؤُكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ ، وَإِذْ زَاغَتِ الأَبْصَارُ ، وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ ، وَتَظُنُّونَ بِاللهِ الظُّنُونَا (١٠) هُنَـــالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيداً)(١١)

لە کاتێکدا کە ئەحزابو بەشی غەطەفان هاتن بۆ سەرتان لە لاژوورووی شیوی مەدینەی مونەووەرەوە لە خۆرهەڵاتەوەو ، لە خوارووی شیوەوە لـە خۆرهەڵاتەوە قورەیش هاتنو ، لـە کاتێکدا کە چاوان لایان دا لـە موستەوای دیتنی خۆیان لە بەر سەرگەردانیو پەرێشانی دڵتان ، وە دڵتان بەتەپەتەپ کردن بەرزەوە بوو بۆ نزیکی بڕانەوەی قوڕقوڕاچگەو لەو کاتانەدا جۆرەها گومانتان بە خودا ئەبرد ، موخلیصەکان گومانیان باش بوو بـە خـودا •

ئەوانــە دین‌و ئیمان ئەســـتوور بــوون
یانی بــە باوەڕ دەروون پــڕ نوور بــوون
ئەیانوت : حاشـــــا خودای میهرەبــان
ئێمە کــز ناکــا بۆ گــەلی شـــــەیتان
نەصرەتمان بــۆ دێ بــە وێنــەی بــاران
ئەڕژێتــە ســـــەرمان لــە نــاو دیــاران
ئەوەیش لــە دینــا کـــــە مونــافیق بــو
بــۆ یــارمــەتی حـــەق نــاموافیق بــو
ئەیانوت : تــازە مەیـــــدان نەمـــــاوە
هێزی ســـــوپامان تــەواو شـــــکاوە
هیچ ســـــوودی نیە مانــەوەی ســـــوپا
بــا هــەرکەس بڕوا چی ئــەکــەن لێرا
تــا دەرکەوت بۆیـــان لــە کاتی ئەنجــام
لەگــەڵ حەقــدایــە پادشـــــای عەللام

لەو کاتەدا موسوڵمانە خاوەن باوەڕەکان تاقی‌کرانەوەو راست‌و راساڵ لە مونافیق‌و لاسـار جیابوونەوەو ، هـەموو لایەکیشیان کەوتنە زەلزەلەو پەلەپەلێکی دەروونی بەهێز کە لە کێشدا نەبو •

(وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ : مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُوراً) (١٢)

وە لەو کاتەدا کە مونافیقەکان‌و موسوڵمانە بیرو باوەڕ لاوازەکان کە دڵیان نـەخۆش بو ئـەیانوت : خـوداو پێغەمەر وادەمان پێ نادەن بـۆ بایی‌بوونمان نەبێ ، ئەنا پێغەمەر دێ وەعدەی فـەتحی شارەکانی فارس‌و رۆممان پێ ئەدا کەچی لەبەر ترسی کافرەکانی ناوخۆ ناتوانین لە شوێنی خۆمان دەرچین ! ئەمە قسەی موعتەبی کوڕی قوشەیر بو •

(وَإِذْ قَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ : يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لا مُقَامَ لَكُمْ ، فَارْجِعُوا ! وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِنْهُمُ النَّبِيَّ ، يَقُولُونَ : إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ ، وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ ، إِنْ يُرِيدُونَ إِلاَّ فِرَاراً (١٣) وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِمْ مِنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لآتَوْهَا . وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلاَّ يَسِيراً (١٤) وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللهَ مِنْ قَبْلُ لا يُوَلُّونَ الأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللهِ مَسْؤُلاً (١٥) قُلْ : لَنْ يَنْفَعَكُمُ الْفِرَارُ ـ إِنْ فَرَرْتُمْ ـ مِنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذاً لا تُمَتَّعُونَ إِلاَّ قَلِيلاً (١٦) قُلْ : مَنْ ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُمْ مِنَ اللهِ ، إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءً أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً ؟ وَلا يَجِدُونَ لَهُمْ مِنْ دُونِ اللهِ وَلِيّاً وَلا نَصِيراً) (١٧)

وه باسی ئه‌و کاته بکه که تاقمێ له کافره‌کان وه‌کو ئه‌وسی کوڕی قه‌یظی کۆمه‌ڵه‌که‌ی ئه‌یانوت : ئه‌ی ئه‌هلی یه‌ثریب (مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره) ئێوه جێگه‌ی مانه‌وه‌تان نیه له‌م شوێنه‌دا له به‌رابه‌ری ئه‌حزابه‌وه ، ده‌ی بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای ماڵو شوێنی خۆتان ، وه له هه‌مان‌کاتا کۆمه‌ڵێکیش له سوپاکه داوای ئیجازه‌یان له حه‌زره‌ت ئه‌کرد به بیانووی ئه‌وه‌وه که ئه‌یانوت : ماڵه‌کانمان وان به ده‌ره‌وه‌و شووری قایمیان نیه بۆ پارازتنیان له کاتی جه‌نگ‌و بشێوه‌دا •• با بڕۆینه‌وه ئاگامان له ماڵو منداڵو داراییه‌که‌مان بێ ، له راستیشدا خانوه‌کانیان وا نه‌بوون‌و مه‌به‌ستیان ئه‌وه بو خۆیان بدزنه‌وه‌و جه‌نگ نه‌که‌ن له‌گه‌ڵ ئه‌حزابا •

وه ئه‌گه‌ر فیتنه‌ی جه‌نگی ئه‌حزاب بهاتایێ به‌سه‌ریاناو بڕۆیشتنایه‌ته ناو ماڵو مه‌نزڵیان له ئه‌ترافه‌وه ، واته کافره‌کان له هه‌موو لایه‌که‌وه هێرشیان

بیردایەتە ناو ماڵەکانیانو داوای گەڕانەوە لە ئیسلامیان لێ بکردایەن ئەوان قەبوولیان ئەکردو ماتڵ نەدەبوون تیایا کەمێ نەبێ !

وەلحاڵ ئەو کافرانە پێشتر پەیمانیان لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا کردوە کە : هەرگیز لە جەنگدا پشت هەڵنەکەن • لە واقیعا بەنوحاریثە کە لە جەنگی ئوحودا دواکەوتن پەیمانیان بەستو گفتیان دا بە حەزرەت کە لەوەودوا هەرگیز دوانەکەونو ، لـە هەر شوێنێکا هەرایێ ببێ خۆیانی پێوە بنێن •• وە پەیمانی خوداو پێغەمەری خودایش پرسیاری لەسـەر هـەیە •

جا تۆ ئەی رەهبەری خاوەن مەقام پێیان بفەرموو : ئەگەر لە مردن یا لە کوشتن هەڵدێن ئەوە راکردنو هەڵهاتن سوودتان پێ نادا ؛ چونکی هەر کەسێ کاتی تایبەتی بۆ مردنو گیاندەرچوونی بڕیاردراوە ، وە ئەگەر ئەو راکردنە سوودێکی ببێ بەم مەعنا بڵێین رزگاربوونیان لە مردن لـەو رۆژەدا بەسراوە بە (معلق علیه)ەکەوە کە راکردنەو رزگار ببێ لەو مردنە لەو کاتەدا پاش ئەوە ماوەیەکی کەم نەبێ ناژین ، جا ژیانی ئەو ماوە کەمە چیتان بۆ ئەکا ؟

تۆ بفەرموو ، ئەی پێغەمەری خۆشەویست ، : کێ ئێوە رزگار ئەکا لە قاری خودا ئەگەر خودا خواستی لەسەر ئەوە بێ گیرۆدەی زیانێکی مادی یا نەفسی بین ؟ وە یا کێ ئەتوانێ ئێوە نائومێد بکا ئەگەر خـودا خواستی لەسەر ئەوە بێ کە ئێوە بگەن بە رەحمەتو نیعمەتێ ؟ هەرگیز ئەوانەو غـەیری ئەوانە بێجگە لـە خودا دۆستێ بۆ خۆیان نادۆزنەوەو یارمەتیدەرێکیان دەس ناکەوێ •

(قَدْ يَعْلَمُ اللهُ المُعَوِّقِينَ مِنْكُمْ والقَائِلِينَ لإخْوانِهِمْ : هَلُمَّ إِلَيْنَا . ولا يَأْتُونَ البَأْسَ إِلاَّ قَلِيلاً (١٨) أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ . فَإِذَا جَاءَ الخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ ، تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كالَّذِي يُغْشى عَلَيْهِ مِنَ المَوْتِ ، فَإِذَا ذَهَبَ الخَوْفُ سَلَقُوكُمْ بِأَلْسِنَةٍ حِدادٍ ، أَشِحَّةً علَى الخَيْرِ ، أُولئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا ، فَأَحْبَطَ اللهُ أَعْمالَهُمْ ، وكانَ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيراً) (١٩)

بە راستی خودای تەعالا زانایە بەوانە کە خەڵك دائەکوتنەوە لەناو ئێوەدا ، واتە ئەو کەسانە کە بە پڕوپاڵاتە نەفسی خەڵك ئەشکێنن‌و لەجیهاد دووریان‌ئەخەنەوە ، وە بەو کەسانە کە بە برا مەدینەییەکانیان ئەڵێن : وەرن بۆ لای ئێمەو لەگەڵ ئێمەدا بن‌و مەکەونە شوێن محەمەدو ئەو کەسانە کە نایێن بۆ مەیدانی جەنگ کەمێ جار نەبێ‌و ، حاڵیان‌وایە زۆر رشدو نەوی تەبیعەتن بەرابەر بە ئێوەو خێریان لێ نایێتەوە •

جا بۆ کاتێ کە ترس‌و بیم لەناوا پەیدا بو ئەیانبینی بە وەزعێکی ناشیرین‌و بۆت ئەڕوانن‌و چاویان هەڵئەسوورێ لە ناو کاسەکەیا وەکو یەکێ لە هۆشی خۆی چووبێ لەبەر نزیکی مردن • جا کاتێ ترسەکەیش نەما لێتان ئەدەن بە زمانانێکی زۆر تیژو حاڵیان وایە زۆر رشدو تەبیعەت نەوین بەرابەر بە خێرکردن ، جا ئەم کۆمەڵە خەڵکە ئیمانیان نەهێناوە بە راستی ، جا لەبەر ئەوە کە بێ‌ئیمانن خودا کردەوەکانی ئەوانی بێ ئیعتیبارو نرخ داناوەو ، بێ‌نرخ‌کردن‌و پووچکردنەوەی کارگەلی وەها لەسەر خودا ئاسانەو مادەی پێ ناوێ‌و زۆری پێ ناچێ •

(يَحْسَبُونَ الأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا ، وإِنْ يَأْتِ الأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُمْ بادُونَ فِي الأَعْرابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنْبائِكُمْ . ولَوْ كانُوا فِيكُمْ ما قاتَلُوا إِلاَّ قَلِيلاً (٢٠) لَقَدْ كانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كانَ يَرْجُوا اللهَ واليَوْمَ الآخِرَ وذَكَرَ اللهَ كَثِيراً) (٢١)

ئەو گەلە کافرە مونافیقانە لە پاش ڕۆیشتنی ئەحزابیش گومانیان وایە نەڕۆیشتوون ؛ چونکە خۆیان ترسنۆك‌و بێ نرخ‌و بێ ورەن ، وە ئەگەر جارێکی تر ئەو ئەحزابە بێنەوە بۆ جەنگ لەگەڵ ئێمەدا ئەو کافرە ترسنۆکانە حەز ئەکەن لە مەدینەدا نەبن‌و لە دوورێکەوە لەو دەشتەدا لە ناو عەرەبی بەدوا بە جۆرێ‌پرسیاری ئەحواڵی ئێوەو ئەو ئەحزابە بکەن‌و بێ‌زیان سەیر بکەن ، وە ئەگەر لەو جاری دووەمەیشدا لە ناو ئێوەدا بن هەر جەنگیان نەدەکردو جەنگ ناکەن شتێکی کەم نەبێ •

ئەی موسوڵمانەکان بە ڕاستی هەیە بۆ ئێوە لە زاتی پێغەمەرا ـدـ سیفەتێکی جوانی گەورەی وەها کە بۆ ئەوە ئەشێ بکرێ بە سەرمەشقی خوو ڕەوشتی پیاوانە بۆ ئەو کەسانە کە ئومێدیان هەر بە خودایەو هیوای پاشەڕۆژێکی باش لە لای خوداوە ئەکەن‌و بە زۆری خەریکی سوپاس‌و ستایشی خودان •

(ولَمَّا رَأَى المُؤْمِنُونَ الأَحْزَابَ قَالُوا : هذا ما وَعَدَنا اللهُ ورَسُولُهُ ، وصَدَقَ اللهُ ورَسُولُهُ ، وما زادَهُمْ إِلاَّ إِيماناً وتَسْلِيماً) (٢٢)

خودای تەعالا لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەیانی دامەزرانی دڵو ئیمانی موسوڵمانەکان ئەکا لەو رۆژە تەنگانەدا کە پیاوی دڵئەستوور نەبێ خۆی ناگرێ • ئەفەرموێت : کاتێ کە موسوڵمانەکان ئەو چەن کۆمەڵەیان چاوپێکەوت لە هۆزەکانی عەرەبو لە جوولەکەکان کە لە دوورەوە بە قارو قینەوە هێرشیان هێنا بۆ سەر حەزرەتو یارانیو ، عالەم کەوتە پەریشانیەوە •• موسوڵمانە ساغەکان وتیان : گیرۆدەبوونمان بەم فیتنە شتێکە خودای تەعالا بەڵێنی پێداوە لە ئایەتی : (احسب الناس ان یترکوا ان یقولوا آمنا وهم لا یفتنون ؟)و لە ئایەتی : (ام حسبتم ان تدخلوا الجنة ولما یأتکم مثل الذین خلوا من قبلکم ؟) داو پێغەمەریش بەڵێنی پێداوە بە فەرموودەی (کارتان لەسەر تەنگ ئەبێ بە هاتنی ئەحزاب بۆ سەرتان ، بەڵام سەرکەوتن بۆ ئێوە ئەبێ) وە بە فەرموودەی : (ئەو کافرانە پاش نۆ رۆژ یا دە رۆژ دێن بۆ سەرتان) •

وە روونە کە خوداو پێغەمەری خودا راست ئەڵێنو ئەم رووداوە زیادی نەکرد بۆیان ئیمان بە خوداو بەڵێنی خوداو تەسلیم بوون بە ئەمری خوداو بە قەزاو قەدەری خودا ـ نەبێ •

(مِنَ الْمُؤْمِنِینَ رِجالٌ صَدَقُوا ما عاهَدُوا اللهَ عَلَیْهِ ، فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ ، ومِنْهُمْ مَنْ یَنْتَظِرُ ، وما بَدَّلُوا تَبْدِیلاً (٢٣) لِیَجْزِیَ اللهُ الصَّادِقِینَ بِصِدْقِهِمْ ، ویُعَذِّبَ الْمُنَافِقِینَ ، إِنْ شاءَ أَوْ یَتُوبَ عَلَیْهِمْ ، إِنَّ اللهَ کانَ غَفُوراً رَحِیماً) (٢٤)

ریوایەتکراوە لە ئەنەسەوە ئەڵێ : مامم ئەنەسی کوڕی نەضر حازری غەزای بەدر نەبو ، ئەویش وتی : من دواکەوتم لە یەکەم جەنگێ کە

حەزرەت ـدـ کردی ، جا ئەگەر خودا حازری کردم لە جەنگێ لەگەڵ کافرەکانا خودای تەعالا ئەبینێ چلۆن جەنگ ئەکەم • جا کاتێ رووداوی (احد) هاتەپێشەوە زۆربەی موسوڵمانەکان شکان ، ئەویش وتی : خودایە من دووری‌و بێزاری‌و پاکی پێشکەش بە حوزووری تۆ ئەکەم لەوەی کە ئەو یارانە کردیان وەکو شکان‌و راکردن بێ‌و ، دووری ئەکەم لەو کارە ناشیرینە کە ئەو کافرانە کردیان وەکو جەنگ بێ لەگەڵ حەزرەتا ، جا پێشکەوت‌و دەستی کرد بە شەڕکردن هەتا کوژرا کە تەماشایان کرد هەشتاو ئەوەندە برینی پێوە بوو لە بەینی لێدانی شیرو پیاچەقان‌و پێکانی رم‌و تیرا کە بۆی هاتبوو لێیدابوو ! جا ئێمە ئەمانوت : ئایەتی (من المؤمنین رجال ••• تاد) لەوو لە هاوڕێکانیدا هاتوەتەخوارەوە •

واتە : لە خاوەن باوەڕەکانە چەن پیاوێ کە راستیان کرد لەگەڵ خودادا لەوانەدا کە عەهدیان پێ‌کردبو ، وەکو خۆگرتن لە جیهادو دەوام‌و دامەزراوی لە خۆشی‌و ناخۆشیدا ، جا لەوانە بازە کەسێ کە (نەذر)ی خۆی بەجێ هێنا ، واتە مردن لە رێگەی خودادا وەکو حەمزەی کوڕی عبدالمطلب‌و ، موصعەبی کوڕی عومەیرو ، ئەنەسی کوڕی نەضرو ••• هاووێنەی ئەمانە • وە لەوانەیشە بازەکەسێ کە چاوەڕوانی هاتنی ئاکامی خۆی ئەکاو لەوەولا بە پایەی خۆی ئەگا ، وە ئەمانە شێوەی دڵسۆزی‌و راستی خۆیان نەگۆڕی •

ریوایەت‌کراوە لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە ـخـ ئەڵێ : کاتێ کە قورئانمان گردئەکردەوە لە موصحەفدا ئایەتێکم ونکردبوو کە وەختی خۆی لە حەزرەتم ـدـ ئەبیست ، گەڕام بە شوێنیا هەتا لای خوزەیمەی ئەنصاری ـ کە حەزرەت شایەتی ئەوی بە شایەتی دوو کەس دانابوو ـ دۆزیمەوە ،

وە ئەو ئایەتە بریتی بو لە ئایەتی (من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله ...) •

جا ئەنجامی ئەمەیە خودا جەزای راستەکان بداتەوە بە هۆی راستیەکەیانەوە ئەوانەیش کە بە پێچەوانەی راستی رەفتاریان کرد ، یا سزایان بدا ئەگەر خواستی لەسەر بێ ، یا تۆبەیان قەبووڵ بکا ؛ چونکی بێگومان خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

(وَرَدَّ اللهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْراً، وَكَفَى اللهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ ، وَكَانَ اللهُ قَوِيّاً عَزِيزاً) (٢٥)

وە خودای تەعالا کافرەکانی ئەحزابی لەگەڵ کینەو قاری دڵدا گەڕانەوەو هەرگیز نەگەیشتن بەو خێرو سوودە کە ئەوان پێش‌نیهادیان کردبو . وەکوو کوشتنی حەزرەت ـ د ـ و پیاوە دیارییەکانی دەوری ، یا بەربادکردنی ئەهلی ئایینی ئیسلام وەکو شەیتان نابوویە ناو دڵیانەوە ، بەڵێ لە سوپای ئیسلام شەش کەس شەهید بوون ؛ یەکەم سەعدی کوڕی مەعاذی ئەوسی ، کە تیرێ دای لە رەگی باڵی‌و پاش‌ماوەی مانگێ خوێنی ئەو برینە تەقییەوەو بە هۆی ئەوەوە گیانی پاکی سپارد • دوەم ئەنەسی کوڕی ئوەیس . سێهەم عەبدوڵڵای کوڕی سەهل • چوارەم طوفەیلی کوڕی نەعمان • پێنجەم ثەعلەبە کوڕی عەثمە • شەشەم کەعبی کوڕی زەید ـخ ـ •

بەڵام ئەوان ئەو سوپا گەورەیانە بۆ ئەم مەبەستە بچووکە گردنەکردبووەوەو مەبەستیان گەلێ بەد بوو •

وە لەوانیش سێ کەس کوژرا : لە بەنی (عبدالدار) (منبە) کوڕی عوثمان • لە بەنی مەخزووم نەوفەلی کوڕی عەبدوڵڵا • لە بەنی عامیر عەمری کوڕی عەبدیوود ، کە حەزرەتی عەلی کوشتی •

وە خودای تەعالا کیفایەتی موسوڵمانەکانی کرد لـە جەنگکردن لـە
ڕووداوی خەنەکداو ، خودای تەعالا خاوەن هێزو عیزەتە •

(وَأَنْزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُمْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ صَيَاصِيهِمْ ، وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ ؛ فَرِيقاً تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقاً (٢٦) وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ ، وَدِيَارَهُمْ ، وَأَمْوَالَهُمْ ، وَأَرْضاً لَمْ تَطَؤُهَا ، وَكَانَ اللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيراً) (٢٧)

ئەو خودایە کە عەرەبەکانی گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان بە نائومێدی ، ئەو کافرانەیش کـە یارمەتی ئەوانیان دابو ، لە ئەهلی کیتاب ، واتە لـە جوولەکەکانی بەنیقورەیظە ، لە قەڵاکانیانی داپەڕاندنو ، ترسێکی زۆری هاویتە ناو دڵیانەوە بـە جۆرێ خودا ئێوەی زاڵکرد بەسەریانا ؛ خۆیان تەسلیم کردنو ، کۆمەڵێکتان لێکوشتنو ، ئەوانە پیاوە جەنگکەرەکانیان بوون شەسصەد کەس بوون ، تاقمێکیشتان لەوانە بە دیل گرت ، کە بریتی بوون لـە حەوصەد کەس لـــە ژنو منـدال • وە خودای تەعـالا زەوی کشتوکاڵیانو ، قەڵاو خانووی نیشتمانیانو ، پارەی نەختینەو ، شتو مەکی ناومالیانو ، ئاژەڵیانو ، زەوییەکی تریش کە هێشتا پیایا نەڕۆیشتوون کە زەوی جوولەکەی خەیبەرە •• بە میرات دای بە ئێوە •

وە بازێ فەرموویانە : باقی زەوی دنیایە ئەوەی کە خودا بڕیاری داوە ئەو ئەصحابانە داگیریان بکەن لە فەتحەکانا • وە خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا •

کارەساتی بەنی قورەیظە بە کورتی :

لــە صەحیحەکانی موسلیم‌و بوخاریدا هاتوە کــە حەزرەت ـدـ لــە خەندەك گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەوەرەو چــەکی داناو خــۆی شۆری جوبرەئیل ـدـ هاتەخوارەوە عەرزی کرد : تۆ چەکت داناوە ؟ وەڵڵاهی ئێمــە هێشتا چەکمان دانەناوە • یاڵڵا دەرچۆ بۆ لایان ! فەرمووی : بۆ کوێ ؟ ئەویش ئیشارەتی کرد بۆ لای بەنی قورەیظە •

جا حەزرەت ـدـ رۆیشت بۆ لایان‌و فەرمانی دا جارچی بانگی کرد بە ناو موسوڵمانانا : کەس نوێژی عەسر نەکا لە ناو بەنی قورەیظەدا نەبێ • جــا ئەصحابە کەوتنە رێگەو بازێکیان نوێژی عەسریان بەسەرا هات لــە رێگەدا • لەوێدا هەندێکیان وتیــان : نوێژ ناکەین هــەتا ئەگەینە بــەنی قورەیظەو ، بازێکیان وتیــان : نەخــەیر نوێژ ئەکەین‌و حەزرەت مەبەستی ئەوە بوە کە بە پەلە بڕۆین بۆ بەنی قورەیظە ، نەك نوێژ نەکەین لە رێگەدا •

جا حەزرەت دەورەی بەنی قورەیظەی دا ، ئەوانیش لە قەڵاکانیانا خۆیان قایم‌کردبوو ، بیست‌و پێنج شەو مانەوە هەتا ئەو دەورەدانە ماندووی کردن‌و خودا ترسێکی زۆری خستە ناو دڵیانەوە •

ئیبن‌و هیشام ریوایەتی کردوە کە کەعبی کوڕی ئەسەد بەو جوولەکانەی وت : ئەی کۆمەڵی جوولەکە ئێوە ئەزانن وا گیرۆدە بوون‌و ، من سێ شت ئەخەمە بەرچاوتان کامیان هەڵئەبژێرن بیکەن • وتیان : ئەوانە چین ؟

وتی : یەکەم باوەڕ بەم زاتە ئەکەین‌و بە راستی ئەگرین • وەڵڵاهی بۆتان دەرکەوت کە پێغەمەری نێرراوەو ، ئەمە ئەو کەسەیە کە لە کتێبی خۆتانا تاریفیتان دیوە • ئەگەر ئیمان بێنن ئەمین ئەبن لەسەر خوێنی خۆتان‌و

ئەبن بە خاوەنی ژنو منداڵی خۆتان • وتیان : هەرگیز ئەمەمان ناوێو قەت دەسبەرداری حوکمی تەورات نابین •

ئەمجار وتی : کاری دوەم ئەمــەیە بێن ژنەکانو منداڵە وردەکانمان بکوژین ، ئەمجار شیر رووت بکەینو بڕۆین جەنگ لەگەڵ محەمەدو یارانیدا بکەین • ئیتر هەر خۆمان ئەبینو هیچ لە دوامان بەجێ نایەڵین ! تا بزانین خودا چی ئەکا • وتیان : ژنو منداڵی وردە تاوانیان چیە بیانکوژین ؟ ئێمە شتی وا ناکەین •

وتی : جا ئەگەر ئەمەیش ناکەن ، ئیمشەو شەوی شەمەیەو هیوا وەهایە کــە محەمەد لــە شەمەدا مەیدانی ئاسایشمان پێبداو ، سبەینێ بــە ناوی شەمەوە ئەڕۆینە دەرەوە ، بەڵکو فرصەت لە محەمەد بێنینو بیکوژین • وتیان : ئەمەیش ناکەین • ئەمە مەعنای نیە •

وە پاش ئەم ماوە بەنی قورەیظە قەناعەتیان کرد بە حوکمی پێغەمەر لەوانا ، وە لەبەر ئەوە کە یەهوودی بەنی قورەیظە هاوپەیمانی ئەوس بوون لە مەدینەدا حەزرەت ـدـ پێی خۆش بو ئەو حوکمە بەرەوڕووی یەکێ لە گەورەکانی هۆزی ئەوس بکاتەوەو ، حوکمەکەی دایە دەست سەعدی کوڕی مەعاذو ، ئەویش لە واقیعەی خەنەکدا بریندار بووبوو لە خێوەتێکدا بو دەرمانی خۆی ئەکرد • جا کە حەزرەت حوکمەکەی دایە دەست سەعد ـ سـەعد سواری گوێدرێژێ بوو هات بۆ نزیکی مزگەوتی حەزرەت لــە سوپاکەیا ، کە سـەعد نزیکی ئەو مزگـەوتە بوەوە حەزرەت فەرمووی : هەستن بۆ پێشوازی گەورەکەتان ، لــە پاشا حەزرەت فەرمووی : ئــەو کۆمەڵە رازی بوون بە حوکمی تۆ ، جا تۆ حوکمەکەت چیە ؟ سەعد عەرزی کرد : پیاوە جەنگکەرەکانیان ئەکوژینو ژنو منداڵەکانیان دیلینەوە بــە بەندەو جاریەیی ، جا حەزرەت فەرمووی : حوکمت کرد بە حوکمی خودا •

جا سه‌عد وتی : خودایه تۆ ئاگاداری که‌س نیه من حه‌ز بکه‌م جه‌نگی له دژ بکه‌م به قه‌د ئه‌وانه‌ی که پێغه‌مه‌ری تۆیان به‌درۆخستوه‌ته‌وه‌و له مه‌که ده‌ریان‌کردوه ، خودایه من وا ئه‌زانم ئیتر جه‌نگ له به‌ینی ئێمه‌و ئه‌وانا نه‌ماوه ، جا ئه‌گه‌ر شتێ له جه‌نگی قوره‌یش ماوه ئه‌وه ته‌مه‌نم درێژ بکه هه‌تا جه‌نگیان له‌گه‌ڵا بکه‌م ، وه ئه‌گه‌ر جه‌نگ نه‌ماوه تۆ ئه‌م برینی له‌شی منه بکه‌ره‌وه با خوێنی لێ‌ده‌رچێ‌و بمرم! جا خوێنه‌که‌ی به‌ربوه‌وه‌و به شێوه‌یێ خوێنه‌که‌ی به‌ربوو خوێن گه‌یشته خێوه‌تی به‌نی غه‌فارو خه‌ڵك بانگیان‌کرد : ئه‌ی گه‌لی به‌نی غه‌فار ئه‌و خوێنه چیه که له لای ئێوه‌وه ده‌رئه‌چێ ؟ که چوون ته‌ماشایان کرد خوێنی برینه‌که‌ی سه‌عد بو ! دوای ئه‌وه سه‌عد کۆچی دوایی کرد .

جا پاش ئه‌مه جووله‌که‌ی به‌نی قوره‌یظه له‌سه‌ر ئه‌و حوکمه هاتنه‌خواره‌وه له قه‌ڵاکانیان‌و پیاوه شه‌ڕکه‌ره‌کانیان هێنران بۆ نزیکی چه‌ن خه‌نه‌کێ له مه‌دینه‌داو کوژران‌و ژن‌و منداڵه‌کانیشیان به سه‌بایا دانران .

وه (حیی کوڕی ئه‌خطه‌ب) له ناو کوژراوه‌کانا بو ، ئه‌م زه‌لامه هه‌وڵی دا بۆ هاندانی به‌نی قوره‌یظه بۆ شکاندنی په‌یمان‌و شه‌ڕکردن له دژی حه‌زره‌ت‌و ، به‌م جۆره فیتنه‌ی به‌نی قوره‌یظه بڕایه‌وه‌و موسوڵمانان لێیان رزگار بوون .

ئیبن‌و ئه‌بی شه‌یبه‌و ، ئیبن‌و جه‌ریرو ، ئیبنولمونذیرو ، ئیبن‌و ئه‌بی حاته‌م ریوایه‌تیان کردوه له قه‌تاده‌وه له حه‌دیثێکی درێژا ئه‌ڵێ : پاش ئه‌وه که حه‌زره‌ت حوکمی دا به سه‌عد ـ سه‌عد هه‌ر وه‌کو حوکمی کرد به کوشتنی پیاوه جه‌نگی‌یه‌کان‌و هێشتنه‌وه‌ی ژن‌و منداڵه‌کانیان .. حوکمیشی کرد به‌وه‌ی که خانوو به‌ره‌و زه‌وی‌و زاری به‌نی قوره‌یظه بدرێ به (مهاجرین)و نه‌درێ به (انصار) ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که سه‌عد خۆی له ئه‌نصار بو له هۆزی ئه‌وس .

جا ئەنصارەکان پێیانوت : بۆچی وات کرد ؟ سەعد فەرمووی : ئەنصار هەموو زەوی‌و ئاوو خانوو بەرەیان هەیەو موهاجیرەکان ئەوانەیان نیە • وە حەزرەت ئەم حوکمەیشی پەسەند کرد •

ریوایەت ئەکا لە (بەحر)ا : پاش ئەوە کە خودا یارمەتی پێغەمەری داو کۆمەڵە کافرەکانی ئەحزابی گەڕانەوەو ، سەرکەوت بەسەر جوولەکەکانی (بەنی‌نەضیر)و بەنی قورەیظەدا •• خێزانەکانی حەزرەت گومانیان برد کە حەزرەت -د- گەلێ ئاڵتوون‌و زیوو شتی نایابی دەست کەوتوە ، جا لەبەر ئەمە دەستیان کرد بە داواکردنی گەلێ شت ، وەکو : بەرگ‌و پۆشاکی چاک‌و ، ژیان‌و ژیواری تایبەتی • وە حەزرەت لەم بارەوە لێیان دڵگران بوو ، بیست‌و نۆ رۆژ وازی لێ هێنان‌و لەگەڵیان نەنوست ، بە بیانووی ئەوە کە پێغەمەران‌و خێزانی ئەوان ئەبێ دوور بن لە رابواردن‌و دەستبڵاوی لە دنیادا • جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە •

(يَـا أَيُّهَـا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ : إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَاوَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحاً جَمِيلاً (٢٨) وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ فَإِنَّ اللهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْراً عَظِيماً) (٢٩)

واتە ئەی پێغەمەری خودا بفەرموو بە خێزانەکانت : ئەگەر ئێوە خواستی دڵتان لەسەر ژیانی دنیاو جوانی‌و رەنگامەکردنی بەرگ‌و پۆشاک‌و رابواردنی ئارەزووی نەفسە ، دەی فەرموون هەتا حەقی موتعەتان بدەمێ‌و تەڵاقتان بدەم‌و دەستان لێ‌هەڵگرم بە دەستلێهەڵگرتنێکی جوان‌و بێ زویری‌و دڵگرانی • وە ئەگەر خواستتان لەسەر رەزای خوداو پێغەمەری خوداو پاداشی کردەوەتانە تا سوودی بێ بۆتان‌و دڵتان لەسەر ئاسایشی

ژیانی دنیا نیه •• ئه‌وه خودا بڕیاری داوه بۆ ئه‌وانه‌تان كه خاوه‌نی چاكه‌یه پاداشێكی گه‌وره •

بزانن : له‌م شوێنه‌دا چه‌ن باسێ هه‌یه :

یه‌كه‌م : له‌و كاته‌دا ئه‌م ئایه‌ته هاته‌خواره‌وه حه‌زره‌ت ـدـ نۆ ژنی له لا بو ؛ پێنج كه‌سیان له قوره‌یش بوون : عائیشه كچی ئه‌بوبه‌كری صدیق ، حه‌فصه كچی عومه‌ری كوڕی خه‌طاب • (ام حبیبه) كچی ئه‌بو سوفیان • سه‌وده‌ی كچی ره‌فعه • (ام سلمه) كچی ئه‌بو ئومه‌ییه • وه دوانیان لـه عه‌ره‌بی تر بوون : مه‌یموونه كچی حه‌رثی هیلالی • زه‌ینه‌بی كچی جه‌حشی ئه‌سه‌دیی • وه دوانیشیان له كیتابیات بوونو موسوڵمان بوون : صه‌فیه‌ی كچی حویه‌ی له جووله‌كه‌ی خه‌یبه‌ر • جوه‌یریه‌ی كچی حه‌رث له به‌نـی موصطه‌له‌ق •

ئه‌حمه‌دو موسلیمو نـه‌سائیو ئیبنو مه‌رده‌وه‌یه لـه ڕێگه‌ی ئـه‌بو زوبه‌یره‌وه ریوایه‌تیان كردوه له جابیره‌وه ـخـ ئه‌ڵێ : له‌و كاتانه‌دا ڕۆژێ ئه‌بوبه‌كر رووی كـرده ده‌رگای ماڵی پێغه‌مه‌ر ـدـو خه‌ڵكێكی زۆر لـه ده‌رگادا بوونو ئیزن نه‌درابوون بڕۆنه خزمه‌تی حه‌زره‌ت ـدـ •

پاش ماوه‌یێ ڕێگه‌ی ئه‌بوبه‌كرو عومه‌ر ـ خ ـ درا ڕۆیشتنه ماڵه‌وه‌و حه‌زره‌ت ـدـ لـه ماڵه‌وه دانیشتبو قسه‌ی نه‌ده‌كردو لـه‌وێدا عومه‌ر ـدـ فه‌رمووی : ئیستە كارێ ئه‌كه‌م كـه حه‌زره‌ت قسه بكا ، جا وتی : ئـه‌ی پێغه‌مه‌ری خودا ئیمڕۆ (كچه‌كه‌ی زه‌ید) مه‌به‌ستی ژنه‌كه‌ی خۆی بوو •• داوای نه‌فه‌قه‌ی لێ كردم ، منیش دام به ملیا ، له‌وێدا حه‌زره‌ت پێكه‌نی تا دانی لای كاكیله‌ی ده‌ركه‌وتنو فه‌رمووی : ئه‌م ژنانه‌یش به ده‌وری مندا داوای نه‌فه‌قه‌و مه‌عیشه‌تم لێ ئه‌كه‌ن • جا ئه‌بوبه‌كر ـخـ راسته‌وه بوو له

عائیشه بداو ، عومەر راستەوە بوو لە حەفصە بداو ئەیانوت : ئای ! ئێوە داوای نەفەقە لە پێغەمەر ئەکەن ؟! حەزرەت ـد ـ مەنعی کردنو فەرمووی : وازیان لێبێنن • جا حەزرەت ـد ـ دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ عائیشەداو ، فەرمووی : شتێکت بۆ باس ئەکەم حەز ناکەم پەلەپەلی تێدا بکەی هەتا پرسی دایكو باوکت ئەکەی • ئەویش وتی : چیە ؟ حەزرەت ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە : (یا ایها النبي قل لازواجك ••• تاد) جا عائیشە وتی : من لە (اختیار)ی تۆدا پرس بە باوكو دایکم ئەکەم ؟! وەڵلاهی من هەر خوداو پێغەمەری خودا هەڵئەبژێرم • وە حەزرەت ـد ـ بە وەڵامەکەی عائیشە زۆر کەیفخۆش بوو ، پاش وەڵامدانەوەی ئەو باقی خێزانەکانی هەموو خوداو پێغەمەری خودایان هەڵبژاردو لە ژێر عیصمەتی حەزرەتدا مانەوە •

باسی دوەم : حەقی موتعە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا ـخ ـ واجبە لەسەر مێردی ژن ، لە چەن شێوەیەکدا نەبێ :

١ ـ ئەو ژنە کە ناوی مارەیی بۆ برابێ ، وە یا لە پاش مارەبڕین بۆی بڕیاردرابێو کابرا لە پێش چوونەلادا لێی جیابووبێتەوە •

٢ ـ ژنێکە بووبێ بە هۆی جیایی لە مێردەکەی بە تەنیا خۆی ، وەکو ئەوە ئەو ژنە لە دین وەرگەڕێتەوە ، یا نیکاحەکەی هەڵوەشانبێتەوە لەبەر عەیبی مێردەکەی ، یا مێردەکەی نیکاحەکەی هەڵوەشاندبێتەوە لەبەر عەیبی ژنەکە ، یا لەگەڵ مێردەکەیا ، وەکو ئەوە هەردوکیان بە یەکەوە لە دین وەرگەڕێنەوە •

٣ ـ جیابوونەوەیێ کە بە هۆی مردنەوە بێ ، جا یەکێکیان بمرێ یا هەردووکیان بمرن • لەم شێوانەدا ژنەکە مافی (موتعە)ی نیە •

وه سوننه‌ته ئه‌و مافی موتعه ئه‌ندازه‌ی له نیوه‌ی ماره‌یی که‌متر بێ ، به مه‌رجێ له (٣٠) درهه‌می زیو که‌متر نه‌بێ •

(یا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ، وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيراً (٣٠) وَمَنْ يَقْنُتْ مِنْكُنَّ لِلهِ وَرَسُولِهِ . وَتَعْمَلْ صَالِحاً نُؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ ، وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقاً كَرِيماً) (٣١)

ئـه‌ی خێزانانی پێغه‌مه‌ر ـد ـ هه‌رکام لـه ئێوه گوناحێکی گه‌وره‌ی دیاری بکا ئه‌وه سزاکه‌ی له قیامه‌تا دووقات ئه‌کرێته‌وه به نیسبه‌تی غه‌یری ئه‌وانه‌وه ، وه ئه‌م دووقات‌کردنه‌وه له لای خودا ئاسانه • وه هه‌رکه‌سیش له ئێوه ده‌وام بکا له‌سه‌ر به‌نده‌یی خوداو فه‌رمانبه‌ری پێغه‌مه‌ری خوداو ، کرده‌وه‌ی باش بکا لـه باره‌گاو خانه‌دانی حه‌زره‌تا • واته ئه‌بێ بـه هۆی خۆشه‌ویستی‌و ئاسایش‌و نابێ به هۆی فیتنه‌و نومایش •• ئه‌وه دوو جار پاداشی ئه‌ده‌ینه‌وه ، جارێ له‌به‌ر ئه‌وه که لـه زاتی خۆیا ئیطاعـه‌ی خودای کردوه . جارێکیش له‌به‌ر ئه‌وه که بوه به هۆی ئارامی ناو خانه‌دانه‌که‌و ، به هۆی ئه‌وه‌یشه‌وه دڵی حه‌زره‌ت ئارام بوه باش بۆی ره‌خســـــاوه خزمه‌تی ئیسلام بکاو ده‌عوه‌تی خه‌ڵك بکا بۆ دینی ئیسلام • وه له به‌هه‌شتا رزق‌و رۆزییه‌کی زۆر خاوه‌ن که‌رامه‌ت‌و رێزی بۆ ئاماده ئه‌که‌ین •

(یا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ . إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ ، وَقُلْنَ قَوْلاً مَعْرُوفاً (٣٢) وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ . وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ، وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ ،

واَطِعْنَ اللهَ ورَسُولَهُ، اِنَّما يُرِيدُ اللهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ ـ اَهْلَ الْبَيْتِ ـ ويُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيراً (٣٣) واذْكُرْنَ ما يُتْلى فِي بُيوتِكُنَّ مِنْ آياتِ اللهِ والْحِكْمَةِ ، اِنَّ اللهَ كانَ لَطِيفاً خَبِيراً) (٣٤)

ئەی ژنەکانی پێغەمەر هیچ کامێك لە ئێوە وەکو هیچ کامێك لە ژنانی تر نیە • وە یاخود ئەی کۆمەڵە ژنانی حەزرەت ئێوە وەکو هیچ کۆمەڵێ لە ژنانی عالەم نین •

جا ئەگەر تەقواتان هەیە ئەوە قسەکانتان نەرم مەکەن بە جۆرێ کە بێنی نەرمی بدا نەبادا ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشەو بێحەیایی‌و بێشەرمی تیایە تەمای بەدو خەیاڵی خراپتان دەربارە بکەن • وە بە شێوەی جوان‌و دوور لە گومانەوە قسە بکەن •

وە لە ژوورو ماڵەکانی خۆتانا دابنیشن‌و لە کاتی بەرێگەڕۆیشتندا لەنجە مەکەن بە وێنەی لەنجەی کاتی نەزانی‌و کافرێتی ، وە لە کاتی خۆیا نوێژەکانتان بەجێبێنن‌و ، زەکاتی ماڵتان بدەن‌و ، فەرمانبەری خودا بکەن‌و، فەرمانبەری پێغەمەری ئەو بکەن • خودا کە ئەوەندە ئامۆژگاریتان ئەکا خواستی هیچی نیە ئەوە نەبێ ئەو گوناحانە ناموسی ئینسان پیس ئەکەن دووری بخاتەوە لێتان‌و پاکتان بکاتەوە بە پاککردنەوەیەکی باش لە تاوانباری • وە لە ماڵ‌و شوێنەکانتانا بخوێننەوە ئەوەی ئەخوێنرێتەوە لە ئایاتی خودا کە قورئانی پیرۆزەو ، لە حیکمەت کە فەرموودەکانی حەزرەتە ، بە راستی خودا لەطیفەو ئاگادارە بەسەر ئەحواڵی ئێوەدا •

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : مەبەست لە جوملەی (وقرن في بيوتكن) ئەمەیە کە ئەو (أمهات المؤمنين)ە لە هۆدەو شوێنی خۆیانا بە ئەدەبو ڕێزەوە دابنیشن بۆ پارازتنی ڕێزی خانەدانی پێغەمەری • وە بۆ ئەوە کە ژنانی یاران هەرکام بهاتایێ بۆ پرسیارێکی ئایینی لە خۆیان یا لە حەزرەت - د - بە هۆی ئەوانەوە حازر بنو وەلامی ئەو ژنانە بدەنەوە • ئیتر مەبەست ئەمە نیە کە ئەو ژنانە بە هیچ جۆرێ لە ماڵو شوێنی خۆیان نەڕۆنەدەرەوە • ئەگەرنا حەزرەت ئیزنی نەئەدان بڕۆنە دەرەوە بۆ حەجو بۆ عومرەو ، لەگەڵ خۆیا نەیئەبردن بۆ سەفەری غەزاو ، ماوەی نەئەدان بۆ دیدەنی باوکو دایکو ، چوونەلای نەخۆشانو ، پرسەی خزمانو ••• ئەمانە هەموویان بە (اتفاق)ی زانایان بوون ، کەسێ لاری لێیان نەبوە • وە (ثابت) بوە کە خێزانەکانی حەزرەت حەجیان کردوە پاش کۆچی دوایی حەزرەت ، (سودە)ی کچی (زمعە)و زەینەبی کچی جەحش نەبێ - خ - • وە کەس لە زانایانی ئەصحابە ئینکاریان نەکردوون • وە هیچ کام لە خولەفای ئەو چەرخە دەستیان نەهێناوەتە ڕێگەیان •

وە وارید بوە کە لە پاش هاتنەخوارەوەی ئایەتی (وقرن في بيوتكن •••) حەزرەت فەرمووی : (اذن لكن أن تخرجن لحاجتكن) واتە خودا ڕێگەی داون کە بۆ بەجێهێنانی پێویستی خۆتان لەماڵ بچنە دەرەوە •

وا بە ئاشکرا دەرکەوت کە مەبەست لەو ئایەتە ئەمە بوە چاودێری ویقاری خۆیان بکەنو خۆیان لە باقی ژنان جیا بکەنەوە بە مانەوەیان لە ماڵی خۆیانا لە زۆری کاتاو ، بە کۆڵانو بازاڕو ڕێگەی گشتیدا - وەکو خەڵکی تر - نەگەڕێن ، لە بەر ڕاگرتنی ڕێزی خانەدانی حەزرەت •

وە لـەو کاتەدا رووداوی خەلیفەی سێهەم رووی دا (أم المؤمنين) عائیشەو (أم سلمه) ـ خ ـ لە مەکەدا بوون چووبوون بۆ حەجو ، کاتێ ئەو کارەساتەیان بیست زۆر زویر بوونو ، هـەر لەو کاتـەدا کـە ئـەوان لە حەجا بوون طلحەو ، زوبەیرو ، نوعمانی کوڕی بەشیرو ، کەعبی کوڕی عەجرە لەگەڵ کۆمەڵێ لە یاران لە مەدینە رایانکرد لە ترسی ئـەو ئـاژاوە چییانە . چونکی پاش کوشـتنی عوثمـان جۆرە فـەخرو دەمـارێکیان پەیداکردبوو ، ئەو کۆمەڵە ئەصحابە رۆیشتن بۆ مەکـەو پەنایان برد بـۆ (أم المؤمنين) عائیشەو ئەویش فەرمووی : وا بە چاك ئەزانم کە نەگەڕێنیەوە بـۆ مەدینـە مـادام ئـەو ئـاژاوەچییانـە وان لـە مەدینـەدا . وە ئەوەیان پەسەند کـرد کـە بڕۆن لە بەصرەدا بمێننەوە تا وەزع ئـارام ئەبێتەوەو ، لە خزمەتی عائیشەدا بوون .

وە تکایان کرد لە عائیشە ـ خ ـ کە ئەویش لەگەڵیانا بێ هەموو لـە بەصرەدا بن . وە مەبەسیان ئەوە بوو لە پاڵ رێزی (أم المؤمنين)دا بن ؛ چونکی ئەم زاتە بە (عالمەی أمهات) مەشـهوور بوو ، لە لای حەزرەت خاوەن پایە بو ، وە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ، کـە خوشکەزای بـو ، لەگەڵیا بو لەگەڵ خوشکەزاکانی تریا لە (أم کلثوم) خێزانی طەلحـەو ، ئەسمای خێزانی زوبەیر ، وە لە کەژاوەیەکی ئاسنیندا بو ئەم خوشـکە زایانەی بە دەوریا بوون خزمەتیان ئەکرد .

کاتێ ئەمان روویان کردە بەصرە ئەم هەواڵە گەیشـت بە ئیمامی عەلی ـ خ ـ لە مەدینەی مونەوەرەداو ئەو ئاژاوەچیانە هـاتن بـە دەوری ئیمامی عەلیداو زۆر داوایان لێکرد کە هەستێ بە هێزی ئەوانو غەیـری ئەوانەوە بڕۆن بۆ بەصرەو ، بردیانە دڵیەوە کە ئەو کۆمەڵە بیریان لەگـەڵ

تۆدا خراپـه‌و ، دڵی حه‌زره‌تی عه‌لییان هاورده سه‌ر ئه‌وه کـــه بڕوا بـۆ به‌صره •

کاتێ که په‌یوه‌ندداراني حه‌زره‌تی عه‌لی ـ د ـ له‌م بیره ئاگادار بوون حه‌زره‌تی حه‌سه‌ن‌و حوسه‌ین‌و ، عه‌بدوڵلای کوڕی جه‌عفه‌رو ، عه‌بدوڵلای کوڕی عه‌باس ـ خ ـ عـه‌رزی ئیمامی عه‌لییان‌کرد : کـه لـه مه‌دینـه نه‌چێته‌ده‌ره‌وه‌و ، چاوه‌ڕوانی بکا تا له وه‌زعی ئه‌وان ئه‌گا • حه‌زره‌تی عه‌لی گوێی به قسه‌ی ئه‌مان نه‌داو ، به‌ره‌و به‌صره که‌وته ڕێ‌و ، کۆمه‌ڵێ لـــه ئاژاوه‌چییه‌کانیشی له‌گه‌ڵدا بو • کاتێ نزیکی به‌صـــره بوونه‌وه حه‌زره‌تی عه‌لی قه‌عقاعی نارد بۆ لای (أم المؤمنين) بزانێ غایه‌یان چیه ، که ڕۆیشت‌و پرسیاریان لێ‌کرد : بۆچی هاتوون بۆ به‌صره ؟ فه‌رمووی : مه‌به‌ســـمان ئیصلاحه‌و ، ناردی طه‌لحه‌و زوبه‌یر هاتن ، قه‌عقاع وتی : ئه‌و مه‌صله‌حه‌تـه چۆنه ؟ وتیان : تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه له قاتیله‌کانی عوثمانه • وتی : ئیســـته ئه‌وه ناکرێ تا وه‌زع ئارام ئه‌بێته‌وه ، ئه‌وانیش وتیان : باشـــــه ئێمه به‌م بیره قه‌ناعه‌ت ئه‌که‌ین کـه لـه کاتی فرسه‌تا ئه‌م تۆڵه بـه گوێره‌ی شــــه‌رع وه‌ربگیرێ •

وه جواب ڕۆیشته‌وه بۆ ئیمامی عه‌لی‌و ئه‌ویش دڵشاد بوو ، مـاوه‌ی سێ ڕۆژ به‌م جۆره هاتوچۆ له‌ناویانا بوو ، بڕیـــار درا ڕۆژی چـــواره‌م ڕێکه‌وتنه‌که رابگه‌یه‌نرێ‌و خه‌ڵك ئارام ببێته‌وه •

ئاژاوه‌چییه‌کان ئه‌مه‌یان پێ‌ناخۆش بوو که‌وتنه مه‌کرکردن‌و ، بڕیاریان دا بڕۆن بده‌ن به‌سه‌ر هاوڕێکانی (أم المؤمنين)دا هه‌تا ئه‌وان وا بزانن ئه‌مه حیله بوه له لایه‌نی ئیمامه‌وه ، وه حاشا ئیمام به‌مه‌ی زانیبێ‌و ئاگـــاداری بووبێ ! که ڕۆیشتن بۆ سه‌ریان‌و دایان به‌سه‌ریانا بوو به هه‌راو هه‌موو له ناکا که‌وتنه ناو به‌لاوه‌و ، نه (أم المؤمنين)و نه ئیمامی عه‌لی ئاگایان لـــه‌م

فیتنه نیه ، وه کاتێ کوشتار دەستی پێکرد ئەوەی که رووی دا ـ رووی دا (وکان أمر الله قدرا مقدورا) ئەم رووداوه له لایەنی طەبەری‌و غەیری طەبەرییەوه له راستان‌و جێی بڕوایان گێڕراوەتەوەو ، هەر قسەیێ بێجگە لەمه بوترێ جێگەی بڕوا نیه •

باسی دووەم : لەفزی (واذکرن ما یتلی) سێ مەعنا هەڵئەگرێ :

١ ـ مەعنای وایه باسی ئەو نیعمەتانه بکەن کە خودای تەعالا پێیداون که ئەوانی له خانەدانی پێغەمەرا داناوەو ئایەتەکان‌و فەرمایشتەکانی پێغەمەری تێدا ئەخوێنرێتەوه •

٢ ـ باسی ئایاتی خودا بکەن‌و ، باسی سوونەتی پێغەمەر بکەن‌و ، قیمەتی ئەوانه بزانن‌و بیر له ماناکانیان بکەنەوه ، هەتا سوود له رێنومایيەکانیان وەربگرن •

٣ ـ مانای خوێندنەوەو کردنەبەرو لێکدانەوەی لەفزو مانای ئایات‌و حەدیثەکان بکەن ، هەتا رۆژ به رۆژ زیاتر زانیاری له دیندا پەیدا بکەن •

باسی سێهەم : وەکو له تەفسیری قورطوبیدا ئەفەرموێت ، ئەم ئایەته بەڵگەیه لەسەر ئەمه که (ئەهلی بەیت) خێزانەکانی حەزرەته ـ د ـ وه زانایان لەم ئایەتەدا قسەی جوان‌و راستیان دەربڕیوه • جا عەطاو عەکرەمەو ، ئیبن‌و عەباس فەرموویانه : مەبەس له ئەهلی بەیت خێزانەکانی حەزرەته به تایبەتی‌و پیاویان لەگەڵا نیەو ، فەرموویانه : مەبەس له بەیت ئەو شوێنانەیه که حەزرەت لەگەڵ خێزانەکەیا تیایا دانیشتوون ؛ چونکی فەرموویەتی : (واذکرن ما یتلی في بیوتکن) •

وه تاقمێ تر فه‌رموویانه : مه‌به‌س حه‌زره‌تی عه‌لی‌و ، حه‌زره‌تی فاطیمه‌و ، حه‌سه‌ن‌و ، حوسه‌ینه به تایبه‌تی ، له‌به‌ر ئایه‌تی (ليذهب عنكم الرجس أهل البيت ويطهركم تطهيرا) •

وه ئه‌گه‌ر خیطاب له‌گه‌ڵ ژنانا بوایێ ئه‌یفه‌رموو (ليذهب عنكن الرجس ويطهركن تطهيرا) •

وه له حه‌دیثدا هه‌یه کاتێ ئه‌م ئایه‌ته هاته‌خواره‌وه حه‌زره‌ت عه‌لی‌و ، فاطیمه‌و ، حه‌سه‌ن‌و ، حوسه‌ینی بانگ‌کردو ، حه‌زره‌ت ده‌ستی‌برد عه‌بایه‌کی هێنا دای به‌سه‌ریانا ، جا ده‌ستی به‌رزکرده‌وه بۆ ئاسمان فه‌رمووی : خودایه ئه‌مانه ماڵ‌و خێزانی منن دووریان بخه‌ره‌وه له چڵك‌و چه‌په‌ڵی‌و پاکیان بکه‌ره‌وه به پاککردنه‌وه •

وه له‌م شوێنه‌دا ته‌رجه‌مه‌ی ته‌فسیری (روح المعاني) تان بۆ ئه‌که‌م ، بۆ زیاده ئاگاداری • ئه‌فه‌رموێت : بازێ له زانایان فه‌رموویانه مه‌به‌ست له (بيت) خانووی نیشتمانه‌و ، خه‌ڵکی نیشتمانیش له‌سه‌ر ریزی ئایه‌ته پێشوه‌کان‌و له‌سه‌ر ئه‌حادیثی صه‌حیحه‌ی زۆرو ، به شایه‌تی عورفیش ئه‌و که‌سانه‌ن که زیاده په‌یوه‌ندییان به‌و خانووه‌وه بێ ، یا به دانیشتن‌و رێکخستنی پێویستی‌و به مانه‌وه تیایاو دانانی به قه‌رارگای خۆی ، وه‌کو ژن‌و منداڵ‌و ، ئه‌و خزمانه که به عاده‌ت هاتوچۆی زۆری بۆ ئه‌که‌ن‌و تیایا دائه‌نیشن ، به بێ داواکردنی خاوه‌ن ماڵه‌که ، وه یاخود ئه‌گه‌ر بێن به حوکمی عاده‌ت مه‌نع نه‌کرێن ، وه‌کو ئه‌و ئه‌ولادانه که ماڵیان جیایه‌و ، مام‌و خاڵ‌و پوورو ئامۆزا •

جا به‌م روونکردنه‌وه ئه‌و حه‌دیثانه که به رواڵه‌ت (تعارض) له نێوانیانا هه‌یه گردئه‌کرێنه‌وه • واته له‌سه‌ر ئه‌م روونکردنه‌وه خێزانه‌کانی

حەزرەت‌و کچەکانی‌و ، کچەزاکانی‌و ، مامی‌و ، ئامۆزاکانی هەموویان بەر (آهل البیت) ئەکەون‌و هەموو لە ئەهلی بەیتن ، بێجگە لەوانە کە حەزرەت ـ د ـ خۆی داخڵی ئەهلی بەیتی کردوون وەکو حەزرەتی سەلمانی فارسی ـ خ ـ • وە لە صەحیحا هاتوە (سلمان منا أهل البیت) ، وە لە ریوایەتێکا هاتوە کە (واثلە) عەرزی کرد : ئەی پێغەمەری خودا منیش لە ئەهلی بەیتم ؟ فەرمووی : بەڵێ تۆیش لە ئەهلی منی‌و ، (واثلە) ئەیفەرموو : ئەم فەرموودەیە گرنگترین وەسیلەی رجای منە بۆ رەحمی خودای تەعالا •

(إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ ، وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ، وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ ، وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ ، وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ ، وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ ، وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ ، وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ ، وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ ، وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ ••• أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا) (٣٥)

ترمذی ریوایەتی کردوە لە (أم عمارە) وە ـ خ ـ کە هات بۆ خزمەتی حەزرەت ـ د ـ عەرزی کرد : نابینم ئایەتێ دەربارەی ژنان بێتەخوارەوەو ، هەرچی دێتەخوارەوە هەر بۆ پیاوانە ! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

ئەم ئایەتە بەرزە پیرۆزە باسی ئیسلام‌و ئیمان ئەکاو بە شوێن ئەوانا باسی بازێ کردەوەی جوان ئەکاو ، بەم شێوە ئاگادارمان ئەکا لەوە کە ئیمان باوەڕە بەوە کە حەزرەت ـ د ـ لە لایەنی خوداوە هێناویەتی •

وە ئیسلام بریتیە لە ئیذعانو ئینقیادی دڵو رامبوونی بۆ ئەوەی کــــە حەزرەت هێناویەتی • وە ئیمانو باوەڕ بە بێ ئیسلامو رامبوونی دڵ بەکار نایێ ، ئەگەرنا گەلێ لە ئەهلی کیتاب ئەیانزانی ئەم زاتە پێغەمەری خودایە لەگەڵ ئەوەدا بە کافر دانران ؛ چونکی ئیســلامو ئینقیادەکەیان نـەبـو • بە کورتی ئەوەی ئینسانی پێ رزگار ئەبێ دوو شتە : (عیلم)و (فیعل)ە • عیلم بە راستی حەزرەتو ئینقیاد بۆ ئەوەو ، ئەمانە کە هاتنە جێگە ئەمجار ئادابی دینو کردەوەی باش پەیدا ئەبن وەکو دۆعاو پاڕانەوە لە خوداو ، بەندەیی‌کردن بۆ خوداو ، خوشووعو دامەزرانی دڵ بۆ خوداو ، خۆگرتن بۆ تەرکی حەرامو بەجێهێنانی واجبـاتو ، سەرفکردنی دارایی بـە خێرو چاکەی واجبو مەندووب لەبەر رەزای خوداو ، رۆژووگرتن ، کـــــە هەمووی هەر صەبرە ، جیـای کردەوە لەبەر گرنگی‌دان بـە رۆژوو • وە خۆپارازتن لە ئارەزووی نەفس بە پارازتنی پاشو پێش • وە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەوام لەسەر زیکری خودا بە زمانو یادی خودا بە دڵ ، جا لەسەر ئەم ئیمانو ئیسلامو کردەوە بەرزە باشانە لێخۆشبوونو پاداشی گەورە لە لایەنی خوداوە دائەمەزرێ بۆ خاوەنەکـەیـان • خودا لـە رزی ئەوانەدا دامان بنێ •

واتە بە راستی ئەو پیاوانەو ئەو ژنانە کە موسوڵمانن‌و دڵیان لەســەر خۆشویستنی حـەزرەت دامەزراوەو قورئانیان بـە دڵ وەرگرتوەو ، ئـەو پیاوانو ژنانە کە خاوەن باوەڕن بەوەی حەزرەت ـ د ـ لە لایەنی خوداوە هێناویەتیو ، ئەو پیاوانو ژنانە کە بەندەیی بۆ خودا ئەکەنو ئەوانە کـــە لەگەڵ خودادا راست ئەکەنو ، ئەوانە کـــە خۆگرن لەبەر باری تــەرکی حەرامو کردنی واجباتاو ، ئەوانە کە دڵو لەشیان بە ئەدەب دامەزراوە لـە حوزووری خوداداو ، ئەوانە کە ماڵی خۆیان ئەدەن بە صەدەقەی واجبو

مەندووبداو ، ئەو پیاوو ژنانەی کە رۆژووی واجب ئەگرنو ، بە قـەی تەوانا سوننەت بەجێدێننو ، ئەوانە کە عەورەتی خۆیان لـــە بەکاربردنی لەبێشەرعیدا ئەپارێزنو ، ئەوانە کە بە زمانو دڵ زیکری خودا ئەکەن بـە پەنامەکیو ئاشکرا .. ئەوانە خودا تاوانبەخشـــیو پاداشی گەورەی بۆ ئامادە کردوون .

* * *

هـاوار بـە مـاڵی ئـەوەی ئەنـازێ
بـە کـاری خۆیـا بـە قـەی پیازێ
بیرو بـاوەڕو کـــــردەوەی چاکت
ئـاثـارن لـــە بـۆ دڵی روونـاکت
روونـاکی دڵت فەیضـــی خودایـە
هۆی ئیرشـــاداتی رەسولەڵلایـە
یـانی سـەراسـەر طاعاتو ئیحسان
هەرچی دەربچێ لە دەستی ئینسان
گشـــت لە خوداوە هاتوون بـۆ تـۆ
هەروەها نیعمـەت بۆ تۆ دێ کۆ کۆ
بەم کارە کەمـە تـۆ دەری ئـەکـەی
یـا بـەم طاعەتە تۆ ڕێی پێ ئەبـەی
ناقیصـەو ناگا بـــە پـایـەی کامیل
لـە بـۆ سوپاسی نیعمەتی شـــامیل
ئیتر چی ماوە لەســـەر دەستی تـۆ
بیکەی بـە مایـە بـۆ مەبەستی تـۆ
بـە بارێ تـرا زنجیـــرەی طاعات
لێرەوە بـڕوا هـەتـا ســـەماوات
لـەبـەر رەزیلەی دەروونی ئینسـان
دوورە لە پایەی کردەوەی ئیحســان

دووره لــه تــەقوای (رب العالمین)
دووره له صــەفای سەروەری ئەمین
قــەبووڵی خــودایش بــۆ (متقین)ە
لــه لای زانــاکان ئــەمــه یــەقینــه
کــه وابێ ئەگەر خەلاصـــت ئەوێ
مایــەی مەرتەبــەی ئیخلاصت ئەوێ
هــەر بــەرەوخـــودا بپــاڕێــرەوە
بــه لاڵــەو پاڵــه ســـــەر بنێرەوە
بڵێ : خودایــا نــاڵێم موخلیصـــم
لــه مایەی ئیخلاص تەواو موفلیسم
بــەلام مایــەکـــەم رجـــاو تکایــه
تــکام بــۆ عــەفــوی زاتی خــودایــه
تکاکارەکــەیش گــەلێ مەســعووده
دارای مەقــامی بــەرزی مــەحمووده
(نامی) ناوی خۆی نووسی له دەفتەر
بۆ تکای والای ئــەولای پێغــەمـــەر

★ ★ ★

(وما كانَ لِمُؤمنٍ ولا مُؤْمِنَةٍ ، إذا قَضى اللهُ ورَسولُهُ أَمْراً ، أنْ يَكونَ لَهُمُ الخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ، ومَنْ يَعْصِ اللهَ ورَسولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضلالاً مُبِيناً) (٣٦)

ئەم ئایەتە لەو کاتەدا هاتەخوارەوە کــه حەزرەت خوازبێنی زەینەبی پوورزای خۆی کرد بۆ زەیدی کوڕی حاریثە • جا زەینەب و عەبدوڵڵای برای موافەقەیان نەکرد •

واتە رەوا نیە بۆ هیچ ژنێکی خاوەن ئیمان ئەمــە کــە خاتر خۆیی و سەربەستییان بیێ لە کاری خۆیانا کاتێ کە خوداو پێغەمەری خودا حوکمیان دا بە کارێ • واتە زەینەب و عەبدوڵلا حەقی موخالەفەیان نیەو ، هەرکەسێ لە خوداو پێغەمەری خودا یاخی بیێ ئەوە بە راستی رێگەی راســــــتی ونکردوە بە ونکردنێکی دوور •

(وَاِذْ تَقُولُ لِلَّذِي اَنْعَمَ اللهُ عَلَيْهِ وَاَنْعَمْتَ عَلَيْهِ : اَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ ، وَاتَّقِ اللهَ • وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللهُ مُبْدِيهِ ، وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللهُ اَحَقُّ اَنْ تَخْشَاهُ ! فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا ، لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي اَزْوَاجِ اَدْعِيَائِهِمْ ، اِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا ، وَكَانَ اَمْرُ اللهِ مَفْعُولًا) (٣٧)

باسی ئەو کاتە بکە کە بەو کەسەت وتوە ، کە خودا نیعمەتی پێداوە بە هۆی ئەوەوە کە تەوفیقی داوە بۆ ئیســــلام و ئیمانو ، تۆیش نیعمەتت هەیە بەسەریەوە بە هۆی ئەوەوە کە ئازادت کردوە ، وەکو زەیدی کوڕی حاریثە بێ ، کە تۆ پێت ئەوت : ژنەکەت رابگرە بۆ خۆت و لە خودا بترســـە لە هۆی ئەوەوەو تەلاقی مەدەو • لە دلی خۆتا ئەوەت ئەشاردەوە کـــــە خودا دەری ئەخا ، وەکو مارەکردنی زەینەب بێ ئەگەر زەید تەلاقی بداو ، لە خەڵك ئەترسی کە مارەکردنی ئەو ژنە بکەن بە هۆی تانەو تەشـــــــەر لێدانت ! وە خودا شیاوترە بۆ ئەوە کە تۆ لێی بترسی •

جا کاتێ زەینەب ماوەیێ لای زەید مایەوەو پێویســــــتی خۆی پێ جێبەجێ کردو دلی لێی هەڵکەوت و تەلاقی دا •• لە تۆمان مارەکــرد بــۆ

ئه‌وه كه ماوه‌ی ترس‌و عه‌یبه نه‌مێنێ له‌سه‌ر موسوڵمانه‌كان له كاتێكا ژنی كوڕی (جه‌علی) خۆیان ماره بكه‌ن بۆ خۆیان ، پاش ئه‌وه ئه‌وان ته‌ڵاقیان دا ، وه هه‌ر ئه‌مرێ كه خودا بڕیاری كردنی دابێ ئه‌وه كراوه‌و ئه‌كرێ •

(ما كانَ عَلى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِي ما فَرَضَ اللهُ لَهُ ، سُنَّةَ اللهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ ، وكانَ أمْرُ اللهِ قَدَراً مَقْدُوراً) (٣٨)

پێغه‌مه‌ری خودا جێگه‌ی لۆمه‌و توانج نیه له‌م مه‌سه‌له‌دا كه خودا بۆی بڕیارداوه وه‌كو ماره‌كردنی زه‌ینه‌ب بێ‌و ، ئه‌مه ره‌فتاری خودایه له‌گه‌ڵ ئه‌و پێغه‌مه‌رانه‌دا كه له‌مه‌وبه‌ر رابوردوون ، واته كۆچیان كردوه ، یانی هه‌ر پێغه‌مه‌رێ له زه‌مانی خۆیا هه‌رچی بۆ حه‌ڵاڵ كرابێ هیچ لۆمه‌ی نه‌كراوه‌و جێگه‌ی ته‌شه‌ر نه‌بوه له‌وه‌دا كه خودا بۆی حه‌ڵاڵ كردوه‌و ، ئه‌مرو خواستی خودای ته‌عالا هه‌ر حوكمی قه‌طعی‌و بڕاوه‌و دامه‌زراو بوه •

(الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسالاتِ اللهِ ويَخْشَوْنَهُ ولا يَخْشَوْنَ أحَداً إلاَّ اللهَ ، وكَفَى بِاللهِ حَسِيباً) (٣٩)

ئه‌و پێغه‌مه‌ره پێشوه رابوردوانه ئه‌وانه بوون كه په‌یامی خودایان به به‌نده‌كانی خودا گه‌یاندوه‌و له‌و خودا ترساون‌و له كه‌سی تر نه‌ترساون‌و ناترسن‌و ، خودا به‌سه بۆ حسێبگه‌ری‌و ئاگاداری له كرداری به‌نده‌كانی •

(ما كانَ مُحَمَّدٌ أبا أحَدٍ مِنْ رِجالِكُمْ ولكِنْ رَسُولَ اللهِ وخَاتَمَ النَّبِيِّينَ ، وكانَ اللهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيماً) (٤٠)

موحه‌مه‌دی كوڕی عه‌بدوڵلای كوڕی عه‌بدولموطه‌لیب ، كه دایكیشی ئامینه‌ی كچی وه‌هه‌به ، ئه‌و زاته باوكی كه‌سێ له پیاوه‌كانتان نه‌بوه ، به‌ڵام

ئـەوەنـدە هـەیـە رەوانەکراوی خـودایـە بۆ سەر جینو ئینسو ، دوا پێغەمەری خودایەو ، خودا رانا بوەو زانایە بە هەموو شتێ • جـا مـادام باوکی کەستان نەبوە ئەگەر یەکێ لە ئێوە ژنی خۆی تەلاق بـدا و محەمەد مارەی بکا بۆ خۆی ئەوە هیچ خراپەیەك روو نادا •

باسی زەینەبو زەید :

زەینەب کچی جەحش کـە دایکی ناوی ئومەیمە بو ، ئومـەیمە کچی عەبدولموطەلیب بو • پێغەمەر ـ د ـ داوای کرد بۆ زەیدی کوڕی حاریسـە کە بەندەی ئازادکراوی حەزرەت بوو کـاتی خۆی بـە زەیـدی کـوڕی موحەمەد مەشهوور بو • لە پێشەوە زەینەبو براکەی بەوە رازی نەبوونو، پاش ئەوە کە ئایەتی (ما کان لمؤمن ولا مؤمنـة ••••) هـاتـە خوارەوە خۆیو براکەی ملکەچی فەرمانی خودا بوونو حەزرەت زەینەبی لە زەیـد مارە کرد کە لە ماڵی حەزرەتا بوو ، وە تا ماوەیێ لە لای زەید مایـــەوە • پاش ئەوە رۆژێ حەزرەت رۆیشت بۆ ماڵی زەید بانگی بکا بۆ کـــارێ ، زەینەب راوەستا بو چاوی پێی کەوتو فەرمووی : (ســبحان الله مقلب القلوب) وە زەینەب ئەم وتەی بیستو گێڕایـەوە بۆ زەیـدی مێـردی ، ئەویش پاش ماوەیێ هات بۆ لای حەزرەت ویستی تەلاقی بدا • حەزرەت فەرمووی : (امسك علیك زوجك واتق الله) • بـەلام سوودی نەبـوو ، تەلاقی دا • جا پاش ماوەی (عِـدّە) خودا دای بە حەزرەتو ، ئایـــەتی ناردەخوارەوە • (فلما قضی زید منها وطرا زوجناكها) • وە بەم ئایەتە کـە خودا ناردیەخوارەوە • زەینەب بوو بە حەلاڵی حەزرەت ـ د ـ • بۆیـــە جارجار لە ناو خێزانانی حەزرەتدا قسەیان ئەکردو زەینەب ئەیوت : خودا منی بۆ پێغەمەر مارەکردوەو ئێوە وەلی ئەمرتان مارەی کردوون •

دوای بیرکردنەوە لەم ڕووداوەدا چەن حیکمەتێ دەرئەکەوێ :

یەکەم : خودا ویستی بەهۆی مارەکردنی زەینەب بۆ زەید لە ئەوەڵەوە ئەمە دەربکەوێ کە لە دینی ئیسلاما یاسای چینخواهی نیە ، ئەگەرنا زەینەب کە پوورزای حەزرەتە ـ د ـ لە زەلامێکی وا مارە نەدەکرا کە پێشتر بەندە بووبێو ئازادکرابێ •

دووهەم : ئەمە بو کە لە پاش تەلاقی زەینەب لە لایەنی زەیدەوە حەزرەت مارەی بکاو ، دەربکەوێ لە جیهانا کە ژنی کوڕی ئیعتیباری حەلاڵە بۆ ئینسانو ، بە وێنەی نیکاحی ژنی کوڕی نەسەب مارەی حەرام نیە •

سێهەم : ئەمەیە شتێ کە خودا ئەمری پێ بکا نابێ تەماشای قسەی نەزانانو ئینسانی بەددڵی تێدا بکرێ ، چونکی حوکم هەر بۆ خودایە •

ئەگەرنا ئەگەر ئەم حیکمەتانە دائیر نەبوونایێ لە بەینا حەزرەت ـ د ـ لە پێش ئەوەدا کە زەینەب مارە ببڕێ لە زەید خۆی مارەی ئەکرد بۆ خۆی •

(يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللهَ ذِكْراً كَثِيراً (٤١) وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً (٤٢) هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلى النُّورِ ، وَكانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيماً (٤٣) تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلامٌ ، وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْراً كَرِيماً) (٤٤)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا زیکری خودا بکەن بە زیکرێکی زۆری وەها کە نووری ئەو زیکرە سینەو دڵتان داگیر بکاو ، تەسبیحی خودا بکەن ، (سبحان الله) بڵێن لەگەڵ

مولاحەظەی دوورخستنەوەی زاتی خودا لە کاری نابارو ، لە بەیانیو ئێوارەدا بە تایبەتی کە کاتی دڵخاڵیتیو دوورییە لە میحنەتی کارکردن بەم زیکرو تەسبیحە دڵتان روون بکەنەوە •

خودا خودایەکی وایە بارانی رەحمەت ئەبارێنێ بەسەرتاناو ، فریشتەکانی لە خودا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوە کە دەرتان بکا لە تاریکستانی کوفرو گوناهو رەوشتی ناهەموار بۆ رووناکی ئیمانو طاعەتو رەوشتی بەرزو ، خودا هەمیشە میهرەبانە لەگەڵ خاوەن باوەڕەکانا • وە رێزو سلاوی موسوڵمانان لە رۆژی قیامەتا لە لایەنی مەلائیکەی خوداوە سەلامکردنەو ئەو مەلائیکەتانە ئەچن بە پیری ئەو موسوڵمانانەوەو پێیان ئەڵێن : دروودی خوداتان لەسەر بێ بەو صەبرو خۆڕاگرتنەی کە بووتانو ئەم ماڵی پاشەڕۆژەیشتان چاکترین ماڵێکە ، وە خودا پاداشێکی گەورەی بۆ موسوڵمانەکان ئامادەکردوە •

(يا اَيُّها النَّبِيُّ اِنَّا اَرْسَلْناكَ شاهِداً ومُبَشِّراً ونَذِيراً (٤٥) وداعِياً اِلى اللهِ بِإِذْنِهِ ، وسِراجاً مُنِيراً (٤٦) وبَشِّرِ المُؤْمِنِينَ بِاَنَّ لَهُمْ مِنَ اللهِ فَضْلاً كَبِيراً (٤٧) ولا تُطِعِ الكافِرِينَ والمُنافِقِينَ ودَعْ اَذاهُمْ ، وتَوَكَّلْ عَلى اللهِ ، وكَفَى بِاللهِ وَكِيلاً) (٤٨)

ئەی پێغەمەری پایەبەرز بێگومان ئێمە تۆمان رەوانە کردوە بۆ سەر موکەلەفانی عالەم بۆ ئەوە کە ئیعتیراف بکەن بە پەروەردگارێکی کاملی تەنیاو ، بە یاسای ژیانی دنیاو ژیانەوەی پاشەڕۆژ بۆ حیسابو کیتابو گەیشتنی هەرکەس بە مایەی بیرو باوەڕو جەزای کردەوەکانی دنیای •• کە تۆمان بەم جۆرە ناردوە لە حاڵێکدا کە تۆ ئاگادار بی لە سەر عیبادی خودا بزانی کێ رەفتاری راستەو کێ رەفتاری پەستەو موژدە بدەی بە

فەرمانبەران بە بەهەشتو ، بترسێنی گەردنگیرەکان بە سزای رۆژی قیامەتو ئاگری سووری دۆزەخو ، بۆ ئەوە کە بە دەوام بە قەی تەوانا هۆشیارانی ئینسو جین بانگ بکەی بۆ لای خودا ئەمەیش لەسەر ئیذنو ئیجازەی خودایەو ، تۆمان ناردوە بە حاڵێ پرتەو بڵاو بکەیتەوە بۆ سەر دڵو دەروونی موسوڵمانان ، پرتەوێکی وەها کە ئیقلیمی وجوودیان رووناك بکاتەوە • وە موژدە بدە بەو موسوڵمانانەو بەو خاوەن ئیمانانە بەمە کە هەیە بۆ ئەوان لە لایەنی خوداوە فەضلو شەرەفی زیاد بەسەر باقی ئوممەتەکانا بە شەرەفێکی گەورە •

وە ئاشکرایە گەلێ لە کافران ئەیانەوێ کە تۆ لە گەڵیانا رێك بکەوی‌و، گەلێ لە کافرە دووڕووەکان ئەیانەوێ تۆ هەڵسووڕێنن لە باری راست بۆ باری نابار • جا دەخیل تۆ ئیطاعەیان نەکەی‌و واز بێنە لەو ئازاردانی ئەوانە بۆ دڵی خۆت‌و خۆت بگرەو ، پشت بە خودا ببەستەو ، خودا بەسە بۆ ئێوە بۆ ئەوە هەموو کارێ حەواڵەی ئەو بکرێ‌و ئەو جێبەجێیان بکا •

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا) (٤٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە کاتێ کە ژنانی موسوڵمانتان مارە کرد بۆ خۆتانو لە پاشان تەڵاقتان دان ، لە پێش ئەوەدا کە بچنە لایان ، ئەوە حەقی عیدەتان بەسەریانەوە نیە تا حیسابی بکەن لەسەریان • کە وابێ هەر موتعەیان پێ بدەنو دووریان بخەنەوە لە شوێنی خۆتان بە دوورخستنەوەیەکی جوان ، واتە بە بێ ئەوە زیانیان پێ بگەیەنن بە

ئازارگەیاندن بە دڵ یا بە لەشیان ، وە یا بە کەمکردنەوەی بەشـــــیان •
وە لە پێش چەن ئایەتێکا لەم سوورەتەدا باسی مافی موتعەمان نووســـــی
بە شێوەیەکی روونو رەسا •

(يا اَيُّها النَّبِيُّ اِنّا اَحْلَلْنا لَكَ اَزْواجَكَ اللّاتِي آتَيْتَ اُجورَهُنَّ ، وما مَلَكَتْ يَمينُكَ ، مِمّا اَفاءَ اللهُ عَلَيْكَ ، وبَنَاتِ عَمِّكَ . وبَنَاتِ عَمّاتِكَ ، وبَنَاتِ خالِكَ ، وَبَنَاتِ خالاتِكَ اللّاتِي هاجَرْنَ مَعَكَ ، وامْرَأَةً مُؤْمِنَةً ـ اِنْ وَهَبَتْ نَفْسَها لِلنَّبِيِّ ـ اِنْ اَرادَ النَّبِيُّ اَنْ يَسْتَنْكِحَها ، خالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ المُؤْمِنِينَ . قَدْ عَلِمْنَا ما فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي اَزْواجِهِمْ وما مَلَكَتْ اَيْمانُهُمْ ، لِكَيْلا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ، وكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً) (٥٠)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بە راستی حەلاڵمان کردوە بۆ تۆ ئــەو خێزانانە کە مارەییەکەیانت پێداونو ئەو جارییانە کــە بوون بــە موڵکی شەرعی تۆ لەوانە کە خودا ناردوونی بۆ تۆو بۆ لای تۆی گەڕاندوونەتەوە لە دەسکەوتەکانی جەنگ ، هەروا حەلاڵی کردوە بۆ تۆ کچانی مامتو ، کچانی پوورەکانتو ، کچانی خاڵتو ، کچانی خاڵەکانت لەوانە کە لـــە مەکەوە لەگەڵتا کۆچیان کردوە بۆ مەدینە ، واتە لەوانە کە صـــــیفەتی موهاجیرەیان بۆهاتوەتە جێگە •

هەروا حەلاڵم کردوە بۆ تۆ هەر ژنێکی موسوڵمان ئــەگــەر خۆی ببەخشێ بە تۆ ، ئەگەر پێغەمەر خواستی لەسەر ئەوە بێ کە ببێ بــە ژنیو هاوڕێتی بکا ، وە حاڵی ئەم ژنە کە خۆی ئەبەخشێ وەهایە بە تایبەتی بــۆ

تۆیەو بەس ، نەك بۆ باقی موسـولّمانانیش ؛ چونکی ئێمە ئـاگـادارینو زانایین بەو شتە کە فەرزمان کردوەو تەشریعمان کردوە لەسەر ئەوان لـە بارەی ژنەکانیانەوەو لە بارەی جاریەی مەملووکەیانەوە ، وە ئەم بەیـانـە فراوانەمان کرد بۆ تۆ ، وە یا ئەم تەشریعاتەم کرد بۆ تۆ هەتا لۆمەو ئەرکت نەیەتە سەر لە بارەی ژنانەوە • وە خودای تەعالا تاوانبەخشو میهرەبانـە بۆ موسولّمانان •

(تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ ، وتُؤْوِي إِلَيْكَ مَنْ تَشَاءُ . ومَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ ، فَلا جُنَاحَ عَلَيْكَ ، ذلِكَ أَدْنى أَنْ تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ ولا يَحْزَنَّ ، ويَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ . واللهُ يَعْلَمُ ما فِي قُلوبِكُمْ ، وكانَ اللهُ عَلِيماً حَلِيماً) (٥١)

وە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ژنانەم بۆ حەلاڵ کردووی تۆ ئەتوانی هەر یەکێکیان دوا بخەی لە چوونەلایاو ، بانگ بکەی بۆ لای خۆت هەر کامیان کە خواستت لەسەری بێو ، هەر ژنێکت ویستو داوات کرد لەو ژنانە کە لە خۆت دوورخستوونەتەوە ئەتوانی بتەوێو ، تاوانت لەسەر نیە ، وە ئەم خاترخۆییە کە درا بە تۆ نزیکترە بە شادیو چاورۆشنی ئەو ژنانەو ، نزیکترە بەوە زویر نەبنو ، رازی بین بەو مامەڵە کە تۆ لەگەڵ هەموویانا ئەیکەی ؛ چونکی مادام ئەو ژنانە ئاگاداربوون کە ئەم حوکمە لە لایەنی خوداوە هاتوەو خودا وای بڕیار داوە ئیتر کەسیان لۆمەی حەزرەت ناکەن بۆ هەر جۆرە رەفتارێ بیکا ؛ چونکی یاساکە بۆ هەموویان یەکسانەو ، خـودا ئەزانێ بەوەی وا لە دڵتانا ، دەی بە دڵ نارەزا مەبن بە کاری خودا ، وە خودا حەلیمە بۆیە تۆڵە ناسێنێ لە کەسێ کە دڵی بە پێچەوانەی ئەم یاسایە بیربکاتەوە •

زانایانی قورئانی پیرۆز تەفسیری ئەم ئایەتەیان وا کردوەتەوە کە خودا پێغەمەری خـۆی خاترخۆ کـردوە لـە نوستنی شەوانە لـە لای ژنانیا ، ئارەزووی لەسەر (قەسم) بێ یا ئارەزووی لەسەری نەبێ تاوانبار نەبێ ، بەلام لەگەڵ ئەمەدا هەمیشە حەزرەت ـدـ بە شێوەیەکی راستو رەسا شەونوستنی لەگەڵ ژنەکانیا بەش‌کردوە هەتا کۆچی دوایی کردوە •

بزانن ! وا ئەبێ ئینسانێ کە ئاگادار نەبێ لە ئەحواڵی حەزرەت ـدـ لەم جۆرە تەشریعاتە سەرسام ئەبێ نیسبەت بە حەزرەت لە رەوابوونی ژنی زۆرا بۆیی‌و ، لـە خاترخۆیی حەزرەت لـە نوستن لەگەڵ ژنەکانیاو ، لـە ئیکتیفا بە بەخشینی هەر ژنێ بۆ نەفسی خۆی بە حەزرەت ـدـ •

بەلام ئەمە جێگەی سەرسامی نیە ؛ چونکی مادام پێغەمەر ـ د ـ گەلێ شتی لێ حەرام بوەو ، گەلێ شتی لەسەر واجب بوە جێگەی قسە نابێ کە بازە شتێکیش بە تایبەتی بۆ ئەو حەلاڵ بووبێ •

بۆ نموونە ئەو شتانە کە لەسەری واجب بوون ؛ وەکو شەونوێژو ، نوێژی چاشتەنگاوو ، نوێژی جەژنی قوربانو ، نوێژی وەترو ، سیواك‌کردن لە نوێژاو ، دانەوەی قەرزی هەر موسوڵمانێ بـە قەرزاری مردبێ‌و ماڵی نەبووبێ بۆ دانەوەی ئەو قەرزەو ، راوێژ‌کردن بە خەڵك لە کاری گرنگاو ، خاترخۆی خێزانەکانی لە نێوان : رۆیشتن‌و ، هەڵبژاردنی حەزرەتا •

وە ئەوانەیش کە لە سەری حەرامکراون ؛ وەکو : زەکات‌وەرگرتن ، وە تەماشا بە خیانـەت بە گۆشەی چاو ، وە حـەرام بوە لەسـەری پاش پۆشینی چەك‌و بەرگی جەنگ ئەو چەك‌و بەرگە لە خۆی بکاتەوە تا جەنگەکە دوایی دێت ، وە خواردن بە پاڵەوە ، وە خواردنی شتێ کە بێنی خراپ بێ‌و ، ئاڵ‌و گۆڕ لە نێوان خێزانەکانیاو ، مارەکردنی ژنێ کە حەزی لە هاوسەری

پێغه‌مه‌ر ـدـ نه‌کردبێو ، ماره‌کردنی (حوڕه)ی کیتابییه‌و ، ماره‌کردنی جـاریه •

ده‌ی مادام ئه‌و هه‌موه شته تایبه‌تیه‌ی له‌سه‌ر واجب بوه‌و ، ئه‌و هه‌موه شته‌یشی لێ حه‌رام بوه با بازێ شتیشی بۆ حه‌ڵاڵ بووبێ که بۆ خه‌ڵکی تر حه‌رام بن • بێجگه له‌مانه ئه‌م زاته تا ته‌مه‌نی گه‌یشته په‌نجاو سێ ساڵ له تاقه ژنێ زیاتری نه‌بوو ، له‌و ته‌مه‌نه به‌ولاوه ماوه‌ی حه‌وت ساڵ ئه‌وانه‌ی بۆ حه‌ڵاڵ کراوه که له‌ته‌مه‌نی پیری‌و به‌ره‌و بێ‌هێزیدا بوه •

له‌م شوێنه‌دا چه‌ن قسه‌یێ هه‌یه :

یه‌که‌م : بازێ له‌و ژنانه‌ی که ماره‌ی کردوون له‌به‌ر ئه‌وه بوه کـه بێ‌که‌س‌و منداڵدار بوه ؛ وه‌کو (ام سلمه) ـخـ • وه بازێ له‌به‌ر دڵنه‌وایی هۆزه‌که‌ی بوه ، وه‌کو (ام حبیبه)ی کچی ئه‌بوسوفیان ، که له‌به‌ر ئه‌وه ماره‌ی کرد به‌ره‌وئیسلام بینه‌وه • هه‌م له‌به‌ر ئه‌وه تا ئه‌حکام‌و پێویستاتـی ژنان بڵاوبێته‌وه ؛ چونکی به تاقه ژنێ یا دوو یا سێ وه‌ڵامی خواست‌و پرسیاری ئه‌و هه‌موو ژنانه نه‌ئه‌درایه‌وه •

ئه‌بێ ئه‌وه‌یش ون نه‌بێ که غه‌یری حه‌زره‌ت هه‌ر وه‌کو حه‌زره‌ت ئه‌گه‌ر صه‌د جاریه‌ی ببێ‌و بیکڕێ بۆی دروسته‌و ، جیاوازی له نێوان حوڕه‌و جاریه‌دا ئه‌بێ چی بێ ؟ که واته ئه‌م مه‌به‌ستی زۆری خێزانه بۆ حه‌زره‌ت جێی ره‌خنه نیه له لای ئینسانی به ئینصاف •

وه مه‌سه‌له‌ی خاترخۆیی حه‌زره‌ت له شه‌ونوستنی له لای خێزانیا هه‌ر شتێ بوه بۆ ته‌شریع بوه ، ئه‌نا له‌گه‌ڵ ئه‌و خاترخۆییه‌دا حه‌زره‌ت هـه‌ر چاودێری رێکی به‌شی شه‌وی له‌گه‌ڵ خێزانه‌کانیا کردوه •

وه ئەو مەبەستە کە ژنێ خۆی پێشکەشی حەزرەت کردبێ . ئەوه لە ڕاستیدا وەلی لە مارەبڕیندا ئەگەر پێویست بێ هەر بۆ دوورخستنەوەی عـارە لەو باوکـەو ، بوونی شایـەتیش بۆ پارازتنی مافی ژنو پیاوە لـە زایەبوون • وه ئاشکرایە هەموو موسوڵمانێ بە ژنو ژنخوازی حەزرەت مەمنوون بوەو ، کەسیش بە قەی حەزرەت چاودێری مافی موسوڵمانانی نەکردوه • ئیتر ئەبێ شایەت بۆچی پێویست بێ ؟

لەگەڵ ئەمەیشدا ، وەکو ئیبنو عەباس ریوایەت ئەکا حەزرەت ژنی بە لاوه نەبوه بە مارەبڕاوی یا بە (ملك اليمين) نەبێ •

وه ریوایەت کراوه : ژنێ خۆی پێشکەشی حەزرەت کردوەو حەزرەت قەبووڵی نەکردوەو شووی کردوه بە زەلامێکی تر •• زاناکان چەن قسەیان هەیە لە ناویا : بازێ فەرموویانە ناوی (غزيله) بوەو ، بازێ ئەڵێن : ناوی لەیلای کچی حەکیم بوه • بازێ وتوویانە : مەیموونەی کچی حاریثو بازێ ئەڵێ : زەینەب کچی خوذەیمە بوه ، کە بە (ام المساكين) ناسراوه •

(لا يَحِلُّ لَكَ النِّساءُ مِنْ بَعْدُ ، ولاَ اَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ اَزْوَاجٍ ، ولَوْ اَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ ، إلاّ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ ، وكانَ اللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ رَقِيباً) (٥٢)

پاش بازە قسەیێ کە خاوەن تەفسیرەکان لەم ئایەتەدا فەرموویانە •• وا دەرئەکەوێ ئەم ئایەتە موحکەمە ، واتە مەنسووخ نیە •

وه تەفسیرەکەی ئەوەیە : مادام خێزانەکانت خۆیـــان ڕوویانکـردە خوداو تۆیان هەڵبژارد ئیتر بۆ تۆ حەڵاڵ نیە هیچ ژنێ بێجگە لەم ژنـــانی خۆتە • واتە نابێ ژنی تر مارە بکەی زیاد لەمانەو ، حەڵاڵ نیە کە ژنێکیان

بگۆڕی بە غەیری خۆی لە ژنان ، واتە یەکێکیان یا زیاتر تەڵاق بدەی و لە باتی ئەو تەڵاقدراوە ژنێ تر بێنی ، با ئەو ژنە کە ئەتەوێ بیهێنی ئەوەندەیش جوان بێ سەرنجت رابکێشێ ، ژنێ نەبێ کـە جاریـەی مەملووکـە بێ • وە خودای تەعالا نیگابانەو ئاگاداری بیرو باوەڕو کـــردەوەی هـــەموو کەسێکە •

کە واتە وا دەرئەکەوێ ئەم ئایەتە (تحدیدی بعد التحدید) بێ ؛ لـە پێشا فەرمووی : ژنەکانی خۆت کە مارەییت پێداون حەڵاڵن بۆت ، هەروا چوار ناقسەکەی تریش کە کچانی مامو خاڵۆو پوورن لـە باوکەوە یـا لـە دایکەوە لەگەڵ مەملووکەدا •

وە لەم ئایەتەدا دەربارەی ئەم بەشە زیادانە (اباحە) نەماو بەس هەر ژنەکانی پێشووی خۆت بۆ دروستە لەگەڵ جاریەدا •

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ ، غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ ، وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا . فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا . وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ ، إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ ، وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ ، وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ . ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ، وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا . إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا (٥٣) إِنْ تُبْدُوا شَيْئًا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا) (٥٤)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان بە خوداو پێغەمەری خودا هێناوە مەڕۆنە ئەو هۆدانە کە خێزانەکانی حەزرەتیان تێدایە کاتێ نەبێ کە ڕێگە بدرێن بڕۆن بۆ خواردنی خۆراکێ ، ئەمەیش بە مەرجی ئەوە زوو نەڕوونە ماڵەوەو چاوەڕێی پێگەیشتنی چێشتەکە بکەن ، بەڵام لەو کاتەدا کە بانگ‌کران بۆ خواردنی بڕونە ماڵەوە ، جا کاتێ خواردەمەنییەکە خورا ئێتر بڵاوەبکەن‌و ، پاش خواردن دامەنیشن بۆ قسەو باس‌و دەمەتەقێ ، ئەم جۆرە حاڵە ئازاری دڵی حەزرەت ئەدا ؛ چونکی بێگانە نەختێ لەسەر دڵی خانەدان‌و خاوەن ماڵ گرانەو کاتی زایە ئەبێ‌و ، ئاسایشی لێ تێك‌ئەچێ‌و یاسای رابواردن‌و نوستنی لێ‌ئەگۆڕێ • ئەو شەرم ئەکا پێتان بڵێ بڕونە دەرەوە ، بەڵام خودا شەرم لە دەربڕینی یاسای راست ناکا ؛ چونکی ئەم یاسایانە لە ئەرکانی ژیانی ئینسانانەن •

وە کاتێ داوای شتێکتان لە خێزانەکانی حەزرەت کرد بەرەوڕوویان مەوەستن‌و لە پشتی پەردەیەکەوە وەکو دیوار یا دەرگا یا پەردەی ناو بارەگاوە داوایان لێ بکەن • ئەم جۆرە پاکترە بۆ دڵی ئێوەیش‌و ئەوانیش‌و چاکتریشە بۆ چاودێری ڕێزو دوورترە لە رازو گومان •

وە هەرگیز رەوا نەدراوە بۆتان کە ئازاری دڵی پێغەمەری خودا بدەن ؛ چونکی هەر کەسێ ببێ بە مایەی زەحمەت لە بۆ رەحمەتی عالەم ، ئەوە ئەبێ بە هۆی مەینەت بۆ بەنی ئادەم • وە بۆتان رەوا نەدراوە کە لە ژنانی ئەو مارە بکەن لە پاش وەفاتی ئەو هەرگیز • بۆیە خودا ئیعلانی کرد کە خێزانەکانی حەزرەت دایکن لە بۆ موسوڵمانان کە موسوڵمانان وەکو ئەولاد لەگەڵیانا رەفتار بکەن • ئەم ما رەبڕینەیان لای خودا بارێکی زۆر گران‌و نابارو ناهەموارە •

وە ئەگەر ئێوە شتێ لە موخالیفی ئەم یاسای خودایە دەربڕن یا لـــە دڵی خۆتانا رای بگرن‌و بۆ فرسەت بگەڕێن ئەوە بزانن بە بێ گومان خــودا پێتان ئەزانێ‌و تۆڵەتان لێ ئەسێنێ ؛ چونکە خودا زانایە بە هەموو کارێ •

(لا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ • ولا اَبْنَـــائِهِنَّ • ولا اِخْوَانِهِنَّ . ولا اَبْنَاءِ اِخْوَانِهِنَّ . ولا اَبْنَاءِ اَخَوَاتِهِنَّ ولا نِسَائِهِنَّ . ولا مَا مَلَكَتْ اَيْمَانُهُنَّ ، واتَّقِينَ اللهَ ، اِنَّ اللهَ كانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيداً) (٥٥)

ریوایەت کراوە : کاتێ ئایەتی پێشو نازڵ بو ، کـە ئەمری بـە حیجاب تێدایە ، باوک‌و کوڕو خزمانی خێزانەکانی حــەزرەت ـ د ـ وتیــان : ئــەی پێغەمەری خودا ئایا ئێمەیش هەر لە پشتی پەردەوە قسەیان لەگەڵدا بکەین ؟ جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوەو ئەو چەن بەشەی لـە حوکمی ئـایـەتـــەکــە جیاکردەوە •

واتە : تاوان نیە لەســـەر خێزانەکانی حــــەزرەت ـ د ـ لــە دیتنی یا دانیشتنی باوکەکانیان یا کوڕەکانیان یا براکانیان یا کوڕرانی براکانیـــان یا کوڕانی خوشکەکانیان یا ژنانێ لە خۆیان ، واتە موسوڵمانەکانیــان ، وە ئەو جاریانە کە موڵکیانن •• لەگەڵیانا • ئەی خێزانەکانی پێغەمەر لە خودا بترسن‌و چاودێری ئەحکامی خودا بکەن‌و لەم یاسا دەرمەچن • بــە راستی خودا ئاگای لە هەموو شتێ ـ چاک‌و خراپ ـ هەیە •

بزانن ! لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن کەڵکی گرنگ هەیە :

یەکەم : ئەم ئایەتە لەسەر فەرموودەی کۆمەڵی خاوەن تەفسیرەکـــان ئەڵێن : کاتێ کە حەزرەت ـ د ـ زەینەبی پوورزای خۆی بوو بە خێزانی بە

ئایەتی خودا ، حەزرەت ـ د ـ نانی بۆ یارانی دروســــــتکردو ، خەڵکی بانگکردو ، لە پاش نانخواردن کۆمەڵێ لەوانە لە ماڵی حەزرەتا دانیشتن بۆ قسەکردن ، زەینەب رووی کردبوە دیواری هۆدەکەو پشـــتی لـــەوان هەڵکردبو ، وە حەزرەت ئەم زیادەدانیشتنەی پێناخۆش بوو ، هەتا ئەنەس ئەڵێ : نازانم من وتم بە حەزرەت : خەڵکەکە چوونەدەرەوە ، یـا حـەزرەت خەبەری دا بە منو ، حەزرەت پەردەی لـە نێوان منو خۆیـدا دادایەوە • ئەم ئایەتە تا (ان ذلك كان عندالله عظيما) هاتەخوارەوە •

دوەم ئەمەیە : ئایا ئەو هۆدانە کـە خێزانەکانی حـەزرەت تیـایـانـدا دانیشتوون پاش کۆچی دوایی حەزرەت ماڵی ئەوانن یا نە ؟ راجیح ئەوەیەکە لە زەمانی حەزرەتدا ماڵی خۆی بوەو لە پاش کۆچی دوایی ئەویش جێگەی خێزانەکانی بوە ، نەك بـە شـــێوەی موڵکایەتی بەڵکو بـە مافی موتعەو دانیشتن تیایانا • بە بەڵگەی ئەوە کە میراتبەرانی ئەو خێزانانە دوای مردنیان داوای میراتیان نەکردوە بە بۆنەی ئەوەوە کە موڵکی خێزانەکان بێ • وە بە گوێرەی فەرموودەی حەزرەت ـ د ـ کە ئەفەرموێ : کۆمـەڵی پێغەمەران میراتمان لێ ناگیرێو چیمان بەجێهێشت (صەدەقە)یە • بەڵام لەبەر ئەوە کە جێگەی خێزانەکان بوە تا ئەوان لە ژیاندا بوون ئەوان لە پێشتر بوون بۆ ئەو شوێنانە لە کەسانی دیکە •

ســــێهەم : جوملەی (ولكن اذا دعيتم فادخـلوا ، فـاذا طعمتم فانتشروا •••) بۆ ئەوەیە کە تەقییدی کاتی چوونی خەڵك بۆ ئەو هۆدەی حەزرەتە کراوە بە ئیزنی چوونە ماڵ لە پاش دەعوەت • واتە تەنیا دەعوەتەکە نابێ بە هۆی دروستی چوونەماڵ ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ دەعوەتەکـــەدا ئیذنی چوونەماڵیش هەبێ •

چوارەم : (فاذا طعمتم فانتشروا) مەعنای ئەمەیە هەر ئەوەندە کــە نانەکەیان خوارد پێویستە ئیتر دەرچن ، بە بەڵگەی ئەوە کە چوونەماڵەوە بێ ئیزن دروست نیەو ، ئیزنەکەیش بۆ نانخواردنەو بەس • کە وابێ پاش نانخواردن دەرچوون لەو ماڵە پێویستە •

پێنجەم : (واذا سألتموهن متاعا فاسألوهن من وراء حجاب) بەڵگەی پێویستی پەردەیە لە نێوان خێزانانی حەزرەت‌و پیاوانی نامەحرەما ، وەکــو بەیانمان کرد ، لە ماڵی زەینەبی پوورزای حەزرەتداو لە رۆژی شاییەکەیــدا هاتەخوارەوە • وە وتەیێ تر هەیە ئەڵێ : ئیبنو مەسعود ریوایەتی کردوە کە عومەری کوڕی خەطاب ـ خ ـ فەرمانی دا بە خێزانەکانی حەزرەت کــــە خۆیان بە پەردە لە بێگانە داپۆشن • لەوێدا زەینەب وتی : (یا ابن الخطاب انك تغار علینا ، والوحي ینزل في بیوتنا !) جا ئــەم ئایەتــە هاتەخوارەوە • بەڵام راجیح ئەوەیە کە لە رۆژی شایی زەینەبدا هاتوەتە خوارەوە •

(إِنَّ اللهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً) (٥٦)

واتە بێگومان خوداو فریشتەکانی خودا صەلاوات ئەدەن لەســـــەر پێغەمەر . ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوداو پێغەمەر صــــەلاواتی لەسەر بدەن‌و سەلامی لێ بکەن •

لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیەن :

یەکەم : خودای تەعالا ئەمری فەرموە بە بەندەکانی خۆی کە صەلاوات بدەن لــەســــــەر حەزرەتی محەمەدو ، بۆ باقی پێغەمەرەکان ـ د ـ ئــەو ئەمرە نیە •

دووهەم : بەکارهێنانی (یصلون) لەم ئایەتەدا لەگەڵ نیســـــبەتی فیعلەکەدا بۆ لای خوداو فریشتەکان موفیدە بۆ ئەوە کـــە دروستە لەفزی موشتەرەك بە جارێ لە دوو مەعنادا بەکار بێ ؛ ئیستە (صەلات) نیسبەت بە خودا بە مەعنا رژاندنی خێرو رەحمەتەو ، نیسبەت بە فریشتەکان بە مانای داوای لێخۆشبوونە ، هەرچەند ئەم دووشتە گرد ئەبنەوە لە مەعنای لەفزێکی تەنهادا ، وەکو (یهتمون بالنبي علیه السلام) .

سێهەم : خیلاف نیە لەوەدا کە پێویستە لەسەر هەموو موســولمانێکی بالغی عاقڵ کە لە تەمەنی خۆیدا جارێ صەلاوات بدا لەسەر حەزرەت ـ د ـ وە زیاد لەو جارە بازێ ئەڵێن : لە هەر مەجلیسێکدا ناوی ببرێ واجبە جارێ صەلاواتی لێ بدرێو ، بازێ فەرموویانە : لە هەموو مەجلیســێکدا جارێ صەلاوات واجبە با ناوی نەبرابێ ؛ وە ئەگەر ناوی برا واجبە بە قەی ژمارەی ناوبردنەکەی صەلاواتی لێ بدرێ .

چوارەم : زۆر سوننەتێکی گەورەیە کـــە لە شـــەوو رۆژی جومعەدا صەلاواتی لێبدرێو ، لە حەدیثا هەیە هەرکەسێ لە شەوو رۆژی جومعەدا صەلاوات بدا لە حەزرەت ـ د ـ فریشتە خەبەر ئەدا بە حەزرەت کە فلانی کوڕی فلان صەلاواتی لێدایو ســـــەلامی لێکردیو ، منیش وەلامی ئەدەمەوە .

وە لە حەدیثا هەیە بەرابەر بە هەموو صەلاواتێ خودای تەعالا چاکـــە بۆ ئینسان ئەنوسێ .

وە لـــە پایەو چاکەی صـــــەلاواتا ثابت بوە کـــە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ صەلاوات بدا لەسەر من لـــە کتێبێکدا مەلائیکە صەلاوات لەو کەسە ئەدەن مادام ناوی من لەو کتێبەدا بێ .

پێنجەم : ریوایەتکراوە کە چەن عیبارەت تەعیین کراوە بۆ صەلاوات لەسەر حەزرەت وەکو صەلاواتی ئیبراهیمی بە چەن ریوایەت بە کەمو زیاد ؛ وەکو ئەوەی کە کەعبی کوڕی عەجرە ئەڵێ : کاتێ ئایەتی (ان الله وملائکته) هاتەخوارەوە پیاوێ هات بۆ لای حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : ئەی پێغەمەری خودا ئێمە ئەزانین سەلام لەسەر تۆ بدەین ، بەڵام نازانین صەلات بدەین • جا حەزرەت فەرمووی : بڵێ : (اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم ، وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم ، انك حمید مجید) •

وە مەسعودی ریوایەتی کردوە لە عەونی کوڕی عەبدوڵلا ، لە ئەبو فاخیتەوە ، لە ئەسوەد ، لە عەبدوڵلاوە کە وتوویە : کاتێ صەلاواتتان دا لەسەر پێغەمەر ـ د ـ بە شێوەیەکی جوان صەلاواتەکە بدەن ؛ چونکە ئێوە نازانن لەوانەیە ئەو صەلاواتەی لەسەر بنوێنرێ • ئەڵێ : جا فێریانکردین بەم شێوە صەلاوات بدەین : (اللهم اجعل صلواتك ورحمتك وبرکاتك علی سید المرسلین ، وامام المتقین ، وخاتم النبیین محمد عبدك ونبیك ورسولك ، امام الخیر وقائد الخیر ، ورسول الرحمة • اللهم ابعثه مقاما محمودا یغبطه به الأولون والآخرون • اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم ، انك حمید مجید • اللهم بارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم انك حمید مجید) •

هەروا ریوایەتکراوە لە سەعیدی کوڕی (مسیب) لە عومەری کوڕی خەطابەوە ـ خ ـ کە فەرموویەتی : ڕێگەی دۆعا نادرێ بەرزبێتەوە تا صەلاوات نەدرێ لەسەر پێغەمەر ـ د ـ جا کە صەلاوات درا دۆعاکە بەرزئەبێتەوە •

شەشەم : ئەمەیە کە صەلاوات لەســـەر حەزرەت ـ د ـ لـە کۆتایی تەحییاتی یەکەمدا سوننەتەو ، لە کۆتایی تەحییاتی دوەمدا پێویســـــتەو ، روکنە لە نوێژداو ، بە بێ صەلاوات ئەو نوێژە بەتاڵە ، لەبـەر ئـەو حەدیثە عائیشە ـ خ ـ ریوایەتی کردوە کە حەزرەت ـ د ـ فەرمویەتی : خودا نوێژ قەبوڵ ناکا بەدەستنوێژەوەو لەگەڵ صەلاواتدا لەسەر من نەبێ • وە باشتر ئەوەیە بڵێ : (اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی ابراهیم وآل ابراهیم وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهیم وآل ابراهیم انك حمید مجید) •

حەوتەم : کـە جوملەی (وسلموا تسلیما) لـە ناو ئـەم ئـایـەتـەدا هاتەخوارەوە مەعناکەی ئەوە بو کە خودا ئەمری کرد بە موســـــوڵمانان تێکڕاو بە ئەصحابی پێغەمەر ـ د ـ بە تایبەتی کە سەلام بکەن لەســــەر حەزرەت لە کاتی ژیانیاو لە پاش کۆچی دوایی •

نەسائی ریوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبو طەلحە لە باوکیەوە ، کە پێغەمەر ـ د ـ رۆژێك هات خۆشی لەناو چاویا دیـــار بو ، منیش عەرزم کرد : ئێمە موژدە لەناو چاوانی تۆدا ئەبینین • فەرمووی : مەلائیکە هـات بۆ لامو پێی وتم : ئەی محەمەد خودای تۆ ئەفەرموێ : ئایا تۆ رازی ناکـا ئەوەی کە هیچ کەسێ جارێ صەلاوات نادا لەسەر تۆ ئیللا من دە جـــار صەلاواتی لێ ئەدەمو ، هیچ کەسێ جارێ سەلام لە تۆ ناکا ئیللا من دە جار سەلامی لێ ئەکەم ؟

وە محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحمان ئـەفـەرموێ : پێغـەمــەر ـ د ـ فەرمویەتی : هیچ کەسێ نیە لە ئێوە سەلام لە من بکا ، کـە مردم ، ئیللا لەگەڵ جیبریلا سەلامێ دێتە لامو ئەڵێ : ئەی محەمەد ئەمە فلانی کوڕی

فلانە سـەلامت لێ ئەکا ، منیش ئەڵێم : سەلامو رەحمەتو بەرەکەتی خـودا لەسەر ئەویش بێ •

نەسائی ریوایەتی کـردوە لـە عەبدوللاوە ئـەڵێ : پێغەمـەر ـ د ـ فەرموویەتی : خودا چەند فریشتەیەکی هەیە لە زەویدا دەگەڕێنو سـلاوی گەلەکەمم پێ ئەگەیەنن •

(إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا) (٥٧)

بە راستی ئەو کافرانە کە کارێکی وا ئەکەنو قسەیەکی وا ئەڵێن خودا حەزی پێ نەکاو پێغەمەری خودا ئەزیەت بداو ئازار بە دڵی ئەو بگەیەنێ •• ئەوە خودا لە دنیاو قیامەتا لە رەحمەتی خۆی دووریان ئەخاتەوەو ، سزایەکی سەختی وەهایان بۆ ئامادە ئەکا سووکیان بکاو رسوا بین لـە بەرچـاوی خاوەن ئیعتیبارانا •

بزانن ! مەبەس لە ئیذای خودا ئەوەیە قسەیێ بکەن کـە خودا حەزی پێ نەکا وەکو ئەوە کە کافرەکان هاوڕێو نەوەو هاوبەش بۆ خودا بڕیـار ئەدەنو تەوصیفی خودا ئەکەن بە شتێ کە لایەق نەبێ بۆی ؛ وەکو ئەوە کە جوولەکەکان ئەیانوت : دەستی خودا بەستراوەو ، گاورەکـان ئەیـانـوت : (مەسیح) کوڕی خودایەو ! کافرەکان ئەیانوت : مەلائیکە کچانی خودانو بتەکان هاوڕێی خودان !

وە ئیذاو ئازاردانی پێغەمەری خـودا بەوە بو کـە لـە (ئوحود) ا دانەکانی پێشەوەیان شکاندو ، ئەیانوت : شاعیرەو • ئەیانوت : شێتەو ••• بە چەن جۆری تر ئازاری دڵیان ئەدا • لەوانە : کاتێ ئوسامەی کـرد بـە ئەمیری سوپاو رێکی خست بۆ جەنگی (ابنی) کـە ناوی دێیەکە لـە لای

(مۆتە)دا ئەو شوێنە کە زەیدی باوکی ئوسامەی تێدا کوژرا لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبو طالیبو عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەدا • جا حەزرەت فەرمانی دەرکرد کە ئوسامە بڕوا حەقی باوکی بسێنێ • جا ئەوانە کە شوبھە لە دلیانا بو تانەیان لەو کارە دا بە بیانووی ئەوە کە بەندەیەو ئازادکراوەو ، لەبەر ئەوە کە جوانە ؛ چونکی لەو کاتەدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو لەو کاتەدا حەزرەت وەفاتی کرد هێشتا ئوسامە لە مەدینە دەرنەچووبو ، جا حەزرەتی ئەبو بەکر ڕەوانەی کردن •

(وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ، بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا ، فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَاناً وَإِثْماً مُبِيناً) (٥٨)

وە ئەو کەسانە کە ئازاری پیاوانو ژنانی خاوەن ئیمان ئەدەن ، بێ ئەوە کە ئەوان تاوانێکیان کردبێو ببێ بە هۆی ئازاردانیان ؛ بۆ نموونە ئەڵێن : فلان پیاو ڕوانی بۆ فلان ژنو قسەی لەگەڵدا کرد ، وە یا فلانە ژن لەگەڵ فلان پیاوا ڕاوەستا • وە یا لەکەداریان ئەکەن بە سیفەتێکی سووك ؛ وەکو کەناسی ، یا پینەچێتی ، یا دەباغی • یا ناوو ناتۆرەیەکی ناشیرینیان بۆ دروست ئەکەن •• بە ڕاستی ئەوانە قسەو بوختانێکی بێبناغەو ناڕەواو گوناحێکی گەورەیان داوە بە کۆڵی خۆیانا •

(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ، ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ، وَكَانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً) (٥٩)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بە خێزانەکانتو کچەکانتو ژنانی موسوڵمانان بفەرموو : با چارشێوەکەیان بدەن بەسەر خۆیاناو نزیکی

بخه‌نه‌وه له روخسارو گه‌ردنیان ؛ چونکی ئه‌م شێوه نزیکتره به‌وه که ئه‌وانه بناسرێن کێن‌و چ که‌سێکن ، جا مونافیقه‌کان‌و شه‌لاتیه‌کان حالّی بین که ئه‌وانه ژنانی بێ شان‌و بێ حورمه‌ت نین‌و بۆ ئه‌وه ناشێن سه‌ره رێگه‌و لاکۆلآنیان لیّ بگیرێ‌و ، لێیان دووربکه‌ونه‌وه ، ئیتر ئه‌وانه‌یش ئازار نادرێن به کرده‌وه‌ی ناپه‌سه‌ندو به قسه‌ی ناشیرین‌و ، خودا تاوانبه‌خش‌و میهره‌بانه ، ئه‌گه‌رنا ولآتی شه‌لاتی وێران ئه‌کرد •

ئه‌وه زانراوه کاتێ حه‌زره‌ت وه‌فاتی کرد نۆ ژنی له پاش به‌جێ ما ؛ پێنجیان له قوره‌یش بوون : عائیشه‌و ، حه‌فصه‌و ، سه‌وده‌و ، (ام سلمه)و ، (أم حبیبه) • سیانیان عه‌ره‌بی غه‌یری قوره‌یش بوون : زه‌ینه‌بی کچی جه‌حش‌و . مه‌یسوونه‌و ، جوه‌یریه • یه‌کێکیشیان له نه‌وه‌ی هاروون بو که صه‌فیه‌ی ناو بو •

کچانی حه‌زره‌تیش چوار بوون : له هه‌موویان گه‌وره‌تر زه‌ینه‌ب بوو ، که شووی کرد به ئه‌بولعاصی کوڕی ره‌بیع که پوورزای خۆی بو ، ئه‌مه‌یان سالّی هه‌شتی کۆچی له جیهان ده‌رچو • روقیه که شووی کرد به عوتبه‌ی کوڕی ئه‌بو له‌هه‌ب له پێش پێغه‌مه‌رێتی حه‌زره‌تا ، دوایی پێش ئه‌وه‌ی بڕواته لای لێی جیابوه‌وه‌و ، شووی کرد به عوثمانی کوڕی عه‌ففان له شاری مه‌که‌دا پێش ئه‌وه‌ی هیجره‌ت بکه‌ن ، جا دوو جار هیجره‌تی کرد بۆ (حه‌به‌شستان) له‌گه‌لّ عوثمان جا هیجره‌تی کرد بۆ مه‌دینه ، وه کاتێ حه‌زره‌ت رێکه‌وت بۆ جه‌نگی به‌در روقیه نه‌خۆش که‌وت‌و عوثمان له‌به‌ر نه‌خۆشی ئه‌و له‌و جه‌نگه دوا که‌وت‌و ، حه‌زره‌ت له به‌در بو روقیه کۆچی دوایی کرد له سه‌ری حه‌قده مانگ له هیجره‌ت •

(أم کلثوم) ئه‌مه‌یان شووی کرد به عوته‌یبه‌ی کوڕی ئه‌بو له‌هه‌ب له مه‌که . دوایی به فه‌رمانی باوکی‌و دوای هاتنه‌خواره‌وه‌ی سووره‌تی (تبت یدا

آبي لهب) تەلاّقیداو ، نەڕۆیشتبوە لایو ، هیجرەتی کـــرد بۆ مەدینەو ، پاش کۆچی دوایی روقیەی خوشکی شووی کرد بە عوثمانو . لەبەر ئەمەیە بە عوثمان ئەوترێ : (ذو النورين) ، ئەمیش سالّی نۆی کۆچی لە جیهـــان دەرچوو .

(فاطیمة) دوا کچی بوو ، پێنج ســـالّ پێش پێغەمـــەرێتی حەزرەت لەدایك بوەو . لە مانگی رەمەزانی سالّی دووی کۆچیدا شووی کردوە بـــە عەلی کوڕی ئەبو طالیبو ، لە مانگی (ذی الحجه)دا گواستوویەتیەوە . دوای کۆچی دوایی حەزرەت بە شەش مانگ ئەمیش کۆچی دوایی کـــردو یەکەم کەسێ بو لە ئالی حەزرەت گەیی بە حەزرەت . ئەم کچانە هەموویان لە خەدیجە بوون ـ خ ـ .

وە کوڕەکانی سیان بوون : قاسم کە مولەقەب بو بە طاهیر ، عەبدوللا مولەقەب بە طەییب ، ئەمانەیش لە خەدیجە بوون . ئیبراهیم لـــە (ماریە)ی قیبطی بو ، لە (ذی الحجه)ی سالّی هەشتی کۆچیدا لەدایك بو . لە تەمەنی شازدە مانگیدا لە مەدینەدا وەفاتی کردو . لە (جنة البقيع)دا نێژرا ـ خ ـ .

ئیبنو جەریر ریوایەتی کردوە لە ضــــەحاکەوەو ئەویش لە ئیبنو عەباسەوە ـ خ ـ : ئەم ئایەتە لە شانی عەبدوللای کوڕی ئوبەیدا هاتوەتـە خوارەوە . لەگەلّ چەند کەسێکدا قەذفی (أم المؤمنين) عائیشەیان کـرد . جا حەزرەت ـ د ـ چوە سەر مینبەرو خوطبەی خوێنـــدەوەو فەرمووی : (من يعذرني في رجل يؤذيني ويجمع في بيته من يؤذيني ؟) .

هەروەها ئیبنو جەریر ریوایەتیکردوە کە لەوانەدا هاتوەتە خـوارەوە تانەیان لە حەزرەت ئەدا لەسەر ئەوە صەفییەی کچی (حيي)ی بۆ خـۆی هەلّبژارد .

وە ضەحاكو سودەیو كەلبی ئەڵێن : لە چەن كەسێكی فاسـقو بەدڕەوشتدا هاتوەتەخوارەوە ، كاتێ ژنان شەوان ئەڕۆیشتن بۆ سەرئاوو دەست بەئاوگەیاندن ئەكەوتنە شوێنیانو تەعەڕوضیشیان نەدەكرد بۆ جارییەو خزمەتكار نەبێو ، ئەو چارشێوە بۆ جیاوازی بوە لە نێوان ژنە ئازادەكانو جارییەكانداو ، هەتا ئازاری دڵی ئەو ژنە داوێنپاكانە نەدەن • كە وابێ ئەم پۆشاكە ئەبێ شێوەی كاتی چوونەسەرئاو بێ •

وە زاهیر وایە ئایەتەكە عامە بۆ هەموو ئەو جۆرانەو بۆ هەموو بەدبیرێ • وە مەبەس ئەمەیە كە ئافرەتانی جیهانی ئیسلام خاوەن ئەدەبو خاوەن شەرم بنو كارێكی وا نەكەن كە فاسقەكان تەعەڕوضیان بۆ بكەنو باسی ئەحواڵیان بكەن •

واتە بە سەرپۆشەكەیان زۆربەی روویان داپۆشن هەتا نەبن بە سینەمای بەدڕەوشتو سەرسەرییان •

(لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ، ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا (٦٠) مَلْعُونِينَ ، أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا (٦١) سُنَّةَ اللهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ ، وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلًا) (٦٢)

بە راستی ئەگەر مونافیقەكانی مەدینە وەكو عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەییو ئەوانە وان لەگەڵیاو ، ئەوانەیش نەخۆشینی كوفرو قارو عینادو بەربەرەكانی كردن لەگەڵ موسوڵمانانن وا لە دڵیاناو ئەوانە دەمهەمەو پروپاڵاتەچین •• دەست بەردار نەبن تۆ زاڵ ئەكەم بەسەریانا وە پاش ئەوە ناتوانن موجاوەرەی

تۆ بکەن ماوەیەکی کەم نەبێو موراقەبەی ئەو مەلعوونانە بکەن لە هەر لایەکەوە دەردەست بکـرێن بگیرێنو بکوژرێن بـە کوشتنێکی موناسب بۆیان • ئـەمە یاسایەکە خودای تەعالا دایمەزراندوە لەناو ئـەو گـەلو ئوممەتانەدا کە لە پێشدا بوونو رابوردن کە بێئەدەبیو بێشەرمییان کرد ، جا خودا گرتنیو هەرگیز تۆ نابینی گۆڕان بەسەر یاسای دامەزراوی خودادا بێت •

(يَسْأَلُكَ النَّاسُ عَنِ السَّاعَةِ ، قُلْ : اِنَّما عِلْمُها عِنْدَ اللهِ ، وما يُدْرِيكَ ؟! لَعَلَّ السَّاعَةَ تَكونُ قَرِيباً !) (٦٣)

ئەو ئادەمیزادانەی نزیکتنو وان بە دەورتا پرسیارت لێ ئەکەن لـە کاتی هاتنی قیامەت ، تۆیش بفەرموو : زانستی کاتی هاتنی ئەو رووداوە لە لای خودایەو ، تۆ چوزانی لە ئایندەدا چی ئەبێ ؟! هیوا وایە کە قیامەت نزیك بێ ، ئەوسا کە هات ئێوە چۆن لە سزای خودا دەرئەچن ؟

(اِنَّ اللهَ لَعَنَ الكافِرِينَ واَعَدَّ لَهُمْ سَعِيراً (٦٤) خالِدِينَ فِيها اَبداً ، لا يَجِدونَ وَلِيّاً ولاَ نَصِيراً (٦٥) يَوْمَ تُقَلَّبُ وجُوهُهُمْ فِي النَّارِ ، يَقُولونَ : يا لَيْتَنا اَطَعْنا اللهَ واَطَعْنا الرَّسُولاَ (٦٦) وقالُوا : رَبَّنا اِنَّا اَطَعْنا سادَتَنا وكُبَراءَنا فَاَضَلُّونا السَّبِيلا (٦٧) رَبَّنا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ العَذابِ ، والْعَنْهُمْ لَعْناً كَبِيراً) (٦٨)

بـە راستی خودای تەعالا کافرەکانی دوورخستوەتەوە لـە رەحمەتی خۆیو ، ئاگرێکی بلێسەداری بۆ ئامادەکردوون ، وە حالی ئـەو کافرانە وەهایە لەسـەر حالی کردنیان بڕیاریان داوە تیـایا بمێننەوە هـەتا هەتایەو

دۆستێکیان دەست ناکەوێ لـە مەینەت بیانپارێزێو ، یارمەتیدەرێ نیـە سزایـان لێ لابـدا ، لـــەو رۆژەدا کـــە روویان لـــە نـاو ئاگرەکـەدا هەڵئەسوورێنرێو ئـەڵێن : کاشـــکی فەرمانبەرداری خـوداو پێغەمەرمان بکردایە !

وە لەو رۆژەدا عەرزی بارەگای خودا ئەکەنو ئەڵێن : پەروەردگارا ئێمە بێگومان ئیطاعەی ئەو پیاوە زانایانە کە دەرزی ئێمەیان دائەداو ئـەو پیاوە گەورەو بـە رێزانەمان ئەکرد ئەوانیش ئێمەیان لـە رێگەی راست هەڵەکرد • پەروەردگارا دەی دوو قاتی ئێمە سزا بدە بەســەر ئەوانەدا ؛ قاتێ لەبەر کوفرەکەی خۆیانو ، قاتێکیش لەبەر ئەوە کە بوون بە هۆی کوفری ئێمەو ، لەعنەتیان لێ بکە بە لەعنەتێکی زۆر بە تینو ، لەسەر یاسای حەق خودای تەعالا وەکو ئەوانە ئەڵێن خودا سزای ئەو پیاوە گەورانە ئـەدا •

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا لا تَكُونُوا كالَّذِينَ آذَوا مُوسى ، فَبَرَّأَهُ اللهُ مِمَّا قالُوا ، وكانَ عِنْدَ اللهِ وَجِيهاً) (٦٩)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوداو پێغەمەر ئێوە وەکو ئـەو بەنیئیسرائیلیانە مەبن کە ئازاری دڵی حەزرەتی موسایان دا . جا خودای تەعالا بەری‌کردو پاکی‌کردەوە لەوەی کە ئەوان دەربارەی موسا وتیان ، لە واقیعدا موسا بە لای خوداوە خاوەن جاەو خاوەن رێزو پایە بوو •

بزانـن !

ریوایەت‌کراوە : جارێ حەزرەت ـدـ ماڵێکی بەسەر یارانیا بەش ئەکـرد ، کابرایەك لەوێدا بو هەستا وتی : ئـەم بەشکردنە بـە گوێرەی

چاودێری یاسای خودا نیـە ! جا پێغەمەر ـ د ـ فەرموی لـەو قسە هەستاو فەرمووی : درووودی خودا لەسەر موسابێو خودا یارمەتی موسا بدا ! ئەو لەمەیش زیاتر ئازار دراو خۆی گرت •

ئەو ئازاردانی بەنی‌ئیسرائیلە بۆ موسا ئەوەیە کە لـە حەدیثی پیرۆزا هەیە کە بەنی‌ئیسرائیل بە رووتی خۆیان ئەشۆرد ، بەڵام حەزرەتی موسا هەرچۆن ببوایە خۆی دائەپۆشی • لەوێدا کۆمەڵێ لە بەنی ئیسرائیل وتیان : موسا قۆڕە ! تاقمێ تر وتیان : بەڵەکە یا ناساغی تری پێوە هەیە • جا رۆژێ حەزرەتی موسا رۆیشت خۆی بشۆرێ لەسەر ئاوێ لە خاکی شاماو ، بەرگ‌و پۆشاکەکەی دا بەسەر بەردێکدا کە لەوێدا بو ، جا بە ئەمری خودا ئەو بەردە کەوتەجووڵەو رۆیشت بەو دەشتەداو حەزرەتی موسایش رای‌ئەکرد بە شوێنیاو بانگی ئەکرد : بەردەکە جلەکانم ! بەردەکە جلەکانم ! هەتا گەیشت بە کۆمەڵێ لە بەنی‌ئیسرائیل‌و هەموو روانییان بۆی‌و بۆیان دەرکەوت کە عەیب بە لەشیەوە نیەو ، لە هەموویان جوانترو پاکترە •

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمالَكُمْ • ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ • ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورَسُولَهُ فَقَدْ فازَ فَوْزاً عَظِيماً) (٧١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا هەیە خۆتـان بپارێزن لە شتێ کە خودا پێی رازی نیەو ، قسەیێ بکەن کە راسـت بێ‌و بەسوود بێ‌و ، قسەی درۆو واتەی بێ‌سوود مەکەن • جا مادام قسـەی راست بکەن‌و لەسەر وتاری بەسوود بڕۆن خودای تەعالا کردەوەکانتـان بۆ باش ئەکا ، چونکی راستی ئینسان ئەخاتە سـەر کردەوەی باش‌و ، کردەوەی باشیش ئینسان ئەبا بۆ بەهەشت • وە تاوانەکانیشتان ئەپۆشێ‌و

هەر کەسێ ئیطاعەی خوداو پێغەمەری خودا بکا ئەوە گەیشتوە بە مەبەستی بە قیمەت بە گەیشتنێکی گەورە • واتە لە دنیـــادا بە کەرامەت ئەژیو لـــە قیامەتیشا بە بەختیاری دەوام ئەکات •

(اِنَّا عَرَضْنَا الاَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضِ وَالجِبَالِ . فَاَبَيْنَ اَنْ يَحْمِلْنَهَا وَاَشْفَقْنَ مِنْهَا . وَحَمَلَهَا الاِنْسَانُ . اِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً(٧٢)لِيُعَذِّبَ اللهُ المُنَافِقِينَ وَالمُنَافِقَاتِ . وَالمُشْرِكِينَ وَالمُشْرِكَاتِ ،وَيَتُوبَ اللهُ عَلَى المُؤْمِنِينَ وَالمُؤْمِنَاتِ ، وَكَانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً) (٧٣)

لەبەر ئەوە لەم سوورەتەدا خودای تەعالا گەلێ ئەحکامی بەیان کـردو باسی گەلێ موخالیفینی خوداو پێغەمەریشی کردو ، باســـــی گەلێ لـــە خزمەتگوزارانی دینیو پەیڕەوانی پێغەمەرانو راستگۆیانی کرد •• هات لە کۆتایی سوورەتەکەدا بۆ هاندانی عاقلان لەســـــەر کردەوەی چاکو بـۆ دوورخستنەوەیان لـــە کردەوەی خراپ ئـەم ئایەتـانـەی ناردەخوارەوەو فەرمووی : ئێمە ئەو شتانە کە چاودێرییان واجبە وەکو ئەمانەتێ بدرێتـــە دەستی ئینسانێکی ئەمین رامان‌نواندن بەسەر ئاسمانو زەویو کێوەکـانـا بۆ ئەوە هەڵیان‌بگرن ، کەچی هەڵیان‌نەگرتو لەوە ترســـان نەتوانن ئـەو ئەمانەتە بە باشی چاودێری بکەن ، وە ئینسان هەڵی گرتن ، بە راســـــتی ئینسان ستەمکارە ، بۆیە وا ستەمی لە خۆی کردو نازانێ کە ئەنجـــــامی کارەکەی چۆنە •

وە ئەنجامی ئەم وەصیەتو ئەمانەت‌دانانە ئەمەیە کە ئەو کەسانە کـــە مونافیقن لە پیاوانو لە ژنانو ، ئەو کەسانە کە هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن لە پیاوو لە ژن سزایان بدات ، وە ئەو کەسانەیش کـە موسوڵمانو دڵپاکو

خاوێنن لە پیاوو لــە ژن تەوبەیان لێوەربگرێ ، وە خــودای تەعــالا تاوانبەخشو میهرەبانە •

بزانن لێرەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : هەرچەن خاوەن تەفسیرەکان هەرکام لەســەر باوەڕی خۆی تەفسیری ئەمانەتی کردوەتەوە بە شتێ وەکو نوێژ ، یا چاودێری وەدیعــە ، یا غەیری ئەمانە ••• بەڵام مەبەس لە ئەمانەت تەقوای خودایە •

وە تەقوا سەرچاوەی هەموو خێرو بەشو بارەیەکی دینییە • تــەقــوا پارێزە لە کوفر هەتا ئیسلامییەت بێتە جێو ، پارێزە لە گوناحی گــــەورە هەتا سیفەتی عەدالەت بێتە جێگەو ، پارێزە لە رۆچوون لە دنیای غــەیــرە مەقسوودا هەتا سیفەتی ویلایەت بێتە جێ • بەم مانایە هەمــوو بــارەیــەکی بەرئەکەوێ ؛ موسوڵمان کە واجباتی بەجێهێنا مەعنای وایە وەفای کردوە بە نوێژو رۆژوو زەکاتو حەجو جیهاد لە رێگەی دینا •

بەڵێ لە پاش ئیسلام لە صیفاتی ئینسانا هەر بەجێهێنانی واجبــاتو نەکردنی حەرامەکان ئەبێ بە کۆڵەکەی ئینسان بۆ مانەوەی ئیسلامیەت لــە دڵیاو ، لە خوو رەوشتا ، راســتی لە وتاراو لە وەعدەداو ، لــە پەیماناو ، دڵسۆزیو ، میهرەبانی بۆ ئەوە ئەشێن ناویان بیەی بەو ئەمانەتە کە خــودا دای بەسەر ئاسمانو زەویو کێواناو ، ترسان لە هەڵگرتنی ئەو بارەدا هەتا ئینسان وەری گرتو هەڵی گرت • هیوامان وایە کە خۆبگرین لەبەر بــاری ئەمانەتا هەتا قیامەت •

وە لە بارەی نواندنی ئەمانەتەوە دوو قسە هەیە لە ناو زانایاندا :

١ ـ یەکەم ئەمەیە کە ئەوە حەقیقەتەو خودا فامی لە ئاسمانو زەوی‌و کێوەکانا دروست‌کردوەو قسەی لەگەڵا کردوون • ترمذی ریوایەتی کردوە ئەڵێ : پێغەمەر ـ د ـ فەرموویەتی : خودا فەرمووی بە ئادەم : من ئەمانەتم بەسەر ئاسمانەکان‌و زەویدا رانواند بۆ ئەوە هەڵی‌بگرن بەڵام نەیانتوانی • ئایا تۆ هەڵی‌ئەگری بە هەرچیوە ها تیـایـا ؟ ئادەم وتی : پەروەردگارا چی تێدایە ؟ خودا فەرمووی : ئەگەر هەڵت‌گرت‌و پارازتت پاداش ئەدرێیتەوە ، وە ئەگەر لە ناوت دا سزا ئەدرێی ، دەی هەڵی گرە بە هەرچیوە ها تیایا •

٢ ـ وە قسەی دووهەم ئەمەیە کە ئەو ئایەتە پیرۆزە کینایەیە لەوە کە ئەگەر زەوی‌و ئاسمان خاوەن فام بن‌و ئەم تەکالیفە بخەیتە سەریان ماندوو ئەبن لە هەڵگرتنیان ، واتە باری ئەمانەت زۆر گەورەیە •

چاودێـری دڵ لـە کوفـرو بیرو باوەڕی خـراپ ئەمانـەتـە ، زمـان ئەمانەتە ، گوێچکە ئەمانەتە چاو ئەمانەتە ، دەست ئەمانەتە ، پێ ئـەمانەتە ، هەڵگرتنی وەدیعە ئەمانەتە ، راگرتنی نهێنی دۆستان ئەمانەتە ، چاودێـری واتەی مەحرەمانەی دانیشتن ئەمانەتە ، شەراکەت لە کاسـبیدا ئەمانەتە ، بەجێهێنانـی وەزیفـە بە گوێرەی پێویسـت ئەمانەتـە ، دادگەری لـە حوکمـدا ئەمانەتـە ، گەیاندنـی زانیاری زانایـان ئەمانەتـە ، ئەمـر بە چاکەو نەهی لە خراپە ئەمانەتە ، بە راستی ئەمـانـەت بارێکی گرانـە • رەحمەت لەوەی کە فەرمووی :

ئاسـمان بـاری ئەمـانـەی نەبـرد
بۆ سەرشانی من حەواڵـەیـان کرد
خودایـە وەکـو ئـەو بارەت دانـا
لـە هەڵگرتنیـا بمانکە بـــە گـورد

سوورەتی (سەبەء) لە سوورەتە مەکـەییەکانە ، ئایـــەتی شەشی نەبێ ، پەنجاو چوار ئایەتە ، دوای ســــــوورەتی لوقمان هاتوەتە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(الحَمْدُ للهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ ، وَلَهُ الحَمْدُ فِي الآخِرَةِ . وَهُوَ الحَكِيمُ الخَبِيرُ (١) يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا ، وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ، وَهُوَ الرَّحِيمُ الغَفُورُ) (٢)

هەرچی سوپاس‌و ستایشە لە هەرکەسێکەوە بێ‌و ، بەرابەر بەهـــەر شتێ بێ ، یاخود ئەو ستایشە مەعهوودە دیارییە کە خۆی ئاگاداریەتی وەکو حەمدی خۆی .. ئەوە بۆ خودایەکە کە ناودارە بە ناوی خاوەن‌بارەی (الله) کە هەموو تەواوییەك ئەگرێتەوەو دوورە لە هەمـــوو ناتەوانـــی‌و کـــەم‌و کووڕییەك ، ئەو خودایە کە هەر بۆ ئەوە بە خەلق‌و بە موڵك هەرچی وا لـــە ئاسمانەکان‌و زەویداو ، ئەم سوپاسانە کە ئەکرێن لـــە دنیادا ئەکرێن لـــە بەرانبەری نیعمەتی خەلق‌و ئیجادو هیدایەت‌و ئیرشـــــادو رژاندنی رۆزی بەسەر بەندەکانیدا ، وە هەر بۆ ئەویشە سوپاس لە رۆژی قیامەتا بەرابـەر بەو لێ‌خۆشبوون‌و بەخشش‌و چاکەیە کە ئەیانکا بەرابەر بە بەندەکـــانی‌و بەرابەر بەو رەحمەتی تاوانبەخشییەو ، بەرابەر بەو میهرەبانییە کە لەگـــەڵ

بەندەکاندا ئەیانکا بە وەرگرتنی تکای خاوەن پایەی مەقامی مەحموود کە تکا ئەکا بۆ هەموو بەندەکان بۆ رزگاری لە وەستانی سارای قیامەتو تەواوکردنی حیسابو کیتابو ناردنی بەندە دڵسۆزەکان بۆ بەهەشت •

وە ئەو خودا خودایەکە خاوەن حیکمەتە لە کردەوەکاناو ئاگادارە لەسەر هەموو مەخلووقاتی ، زانایەکی وایە ئەزانێ بە هەرچی رۆ ئەچێ بە زەویدا لە روطووباتی هەواو ، بەوەی لە زەوی دەردێ لە گیاو گوڵو گیانلەبەرانو ، بە هەرچی دێتەخوارەوە لە فریشتەو لە کتێبو تەعلیماتی ئاسمانیو ، لە شتی بە کەڵك وەکو گەزۆو شۆکەو باقی رزقو رۆزی گیانلەبەرانو ، بە هەرچی کە سەرئەکەوێ بۆ ئاسمانەکان وەکو فریشتەو ، کردەوەی بەندەو ، بوخارو ، دووکەڵو ، ئەو شتانەی کە ئیستە هەنو بەرەوئاسمان بەرز ئەبنەوەو هەرچی لەمەولایش پەیدا ئەبێ لەو شتانە • وە ئەوخودایە تاوانبەخشو میهرەبانە •

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : لا تَأْتِينا السَّاعَةُ ! قُلْ : بَلى ورَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ ، عالِمِ الغَيْبِ ، لا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقالُ ذَرَّةٍ فِي السَّماوَاتِ ولا فِي الأَرْضِ ، ولا أَصْغَرُ مِنْ ذلِكَ ، ولا أَكْبَرُ ، إلاّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ (٣) لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ، اولائِكَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ ورِزْقٌ كَرِيمٌ (٤) والَّذِينَ سَعَوْا فِي آياتِنَا مُعَاجِزِينَ اولائِكَ لَهُمْ عذَابٌ مِنْ رِجْزٍ أَلِيمٌ) (٥)

وە کافرە بێئیمانەکان ئەڵێن : وەختی مەشهوور بە قیامەت کە عالەمی دنیای تازەیە بۆ ئێمە نایەت ! تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست بفەرموو :

نەخەیر سوێند بە خودای خۆم کە زانایە بە هەموو شتێکی پەنامەکیو ، بە ئەندازەی سەنگی پڕووشەی پرتەوی لێ ونابێ نە لە ئاسمانەکاناو نە لە زەویداو ، نە لەوە بچووکترو نە لەوە گەورەتریش هەیە ئیللا لە ناو نووسراوی خودادایە کە ناسراوە بە (لوح المحفوظ)ی ڕوونـاکـکەرەوەی پەنامەکی •• سوێندم بەو خودایە قیامەتتان بۆ دێتو مەئمووری خودا دێتە سەرتانو گردتان ئەکاتەوەو دەوری کردەوەکانتان لەگەڵا ئەکاتەوە •

ئەوەیش بۆ ئەوە ئەکا هەتا پاداشی ئەوانە بداتەوە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردوەو ، لە واقیعا ئەوانە لە لای خوداوە تاوانبەخشیو ڕۆزییەکی خاوەن نرخیان هەیە •

وە ئەو کەسانەیش تێکۆشیون بۆ دانەدواوەی ئایەتەکانی ئێمەو حاڵیان وابو ئەیانویست لە دەستی ئێمە دەربچن ، ئەوانەیش سزایەکیان هەیە لە ناشیرینو نابارترینی جەزاکانی ئێش بە دڵو لەش گەیێن •

(وَیَرَى الَّذِینَ اُوتُوا الْعِلْمَ الَّذِي اُنْزِلَ اِلَیْكَ مِنْ رَبِّكَ هُوَ الحَقَّ . وَیَهْدِي اِلى صِراطِ الْعَزِیزِ الْحَمِیدِ) (٦)

وە هەرچۆن ئەو کافرە بەدبەختانە ئینکاری ئەو ئایەتانە ئەکەن کە بۆ تۆ هاتوون ، ئەوانەیش زانیارییان پێدراوەو دڵیان بە نووری خودا ڕووناکبوەتەوە زانیارییان هەیەو ئەزانن ئەوەی هاتوە بۆ لای تۆ لە لای پەروەردگاری تۆوە هەر ئەوەیە ڕاستو کتێبی ڕاست ، وە ئەو کتێبەیە کە عالەمی خاوەن عەقڵ شارەزا ئەکا بۆ ڕێگەی ڕاستی خودای خاوەن عیزەتی ستایش کراو •

(وَقالَ الَّذِینَ كَفَرُوا : هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلى رَجُلٍ یُنَبِّئُكُمْ اِذا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ ؟ اِنَّكُمْ لَفِي خَلْقٍ جَدِیدٍ (٧) اَفْتَرى

عَلَى اللهِ كَذِباً؟ أَمْ بِهِ جِنَّةٌ؟ بَلِ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ فِي الْعَذَابِ وَالضَّلَالِ الْبَعِيدِ (٨) أَفَلَمْ يَرَوْا إِلَى مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ؟ إِنْ نَشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ الْأَرْضَ ، أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفاً مِنَ السَّمَاءِ ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِكُلِّ عَبْدٍ مُنِيبٍ) (٩)

وە کافرەکان بازێکیان بە بازێکیان ئەڵێن بە سەرسوڕمانەوە : ئایا شارەزاتان بکەین بۆ لای پیاوێ ـ محەمەد ـد ـ کە هەواڵتان پێ‌ئەدا کاتێ ئێوە لەشتان رزیو لە یەك بچڕانو بڵاوبوونەوە بە تەواوی دیسان ئێوە ئەکەونەوە عالەمێکی تازەو دروستکردنێکی سەرلەنوێ ؟ بێ‌گومان ئێمە ئەمە بە درۆ ئەزانین بەڵام نازانین ئایا بە ئارەزوو ئەم درۆیە هەڵبەستوە ؟ یا هەر بە شێتیو بێ‌هۆشی بە دەمیا دێ ؟ جا تۆ گوێ بەوانەو بە وتاری ئەوانە مەدە ؛ چونکی ئەوانەی کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ نیە ئەوانە هەمیشە وان لە ناو سزایەکی نەفسی وەهادا ماوەی بیرکردنەوەیان نیە تا بیرێکی باش بکەنەوە • وە وان لە ناو گومڕاهییەکی زۆر دوور لە گەڕانەوەدا بۆ رێگەی راستان •

ئایا ئەمانە ناڕوانن بۆ ئەوەی کە وا لە پێش دەمیانایەو لە پشتیانەوەیە لە ئاسمانو لە زەویدا ، ئێمە ئەگەر خواستمان لەسەر بێ ئەیانبەینە خوارەوە بە زەویدا یا چەن پارچەیەك لە ئاسمانەوە دائەبارێنین ، وە لە بیرکردنەوەو وردبوونەوە لەمەدا بەڵگەی گەورە هەیە بۆ هەر بەندەیێ کە بگەڕێتەوە بۆ لای خودای خۆی •

(وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُدَ مِنَّا فَضْلاً ، يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ ! وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ (١٠) أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ ، وَقَدِّرْ

فِي السَّـــــرْدِ ، واعْمَلُوا صالِحـــاً ، إِنِّي بِمـــا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) (١١)

بە ڕاستی ئێمە لە بارەگای تەوانایی خۆمانەوە دامان بە حەزرەتی داود لە لایەنی خۆمانەوە زیادەبارەیێ بەسەر پێغەمەرەکانی بەنیئیسرائیلدا : وتمان بە کێوەکانی نزیکی : ئەی کێوەکان کاتێ کە داود زەبووری خوێندەوەو زیکری منی کرد ئێوەیش لەگەڵیا بیخوێننەوە ، هەروا باڵندەیشمان بۆ رام کرد کە زیکر بکەن لەگەڵیاو ئاسنیشمان بۆ نەرم کردو فەرمانمان پێدا کە : چەن کراسێکی زرێی رەساو گەورە تەواو بکـەو ، ئەندازەی هەڵقەکان تەماشا بکە نە زۆر گەورە بن‌و نەزۆر بچووك‌و ، فەرمانیشمان دا بە خۆی‌و خەڵکی خانەوادەکەی‌و پەیرەوەکانی کە : فەرمانبەری خودا بکەن‌و بەندەیی‌و کردەوەی باش بکەن ، بێگومان من چاوم لە کردەوەکانتانەوەیە •

لەم ئایەتانەوە ئەمە دەرئەکەوێ : کە حەزرەتی داود بە میهرەبانی خودا لە پێغەمەرەکانی بەنیئیسرائیل جیابوەتەوەو بازە بەشێکی زیادەی دراوەتێ ، زیاد لەوەی هەموویان لە پێغەمەرێتیدا هاوبەش بوون •

یەکەم : دەنگێکی خۆشی پێدراوەو هێزێکی گیانییش لەگەڵ ئـەو دەنگەدا بوو ، هەر کاتێ ئەو زیکری ئەکرد کێوەکان لەگەڵیا وەك ئـەو زیکریان ئەکرد ، هـەروا پەلەوەری ئاسمانیش رام بووبوون بۆ دەنگی‌و ئەوانیش زیکریان لەگەڵا ئەکرد ، وە هەم بە شێوەی ئیعجاز هێزێکی وامان پێدابوو کە ئاسن لە بەردەستیا نەرم ئەبوو وەکو مێو ، هەرچی بویستایێ لێی دروست ئـەکردو پێمان وت : کراسی جەنگ دروست‌بکـەو میزانی هەڵقەکانی ڕاگرە ، ئەویش ئەوانەی دروست‌ئەکردو ئەیفرۆشتن‌و بەو پارەو ماڵە ژیواری ئەکردو ، نانی بێ منەتی ئەخوارد •

(ولسليمان الريح غدوها شهر ، ورواحها شهر ، واسلنا له عين القطر ، ومن الجن من يعمل بين يديه بإذن ربه ، ومن يزغ منهم عن أمرنا نذقه من عذاب السعير (١٢) يعملون له ما يشاء من : محاريب ، وتماثيل ، وجفان كالجواب ، وقدور راسيات ... اعملوا آل داود شكرا ، وقليل من عبادي الشكور) (١٣)

هەروەکو بە میهرەبانی خۆمان داودمان جیاکردبوەوە ، هەروا سولەیمانی کوڕی داودیش بووبوو بە جێگەی نیعمەتی ئێمەو : هێزێکی هەوایی تایبەتیمان دابوو بە سلێمانو بامان بۆ رام کردبوو ؛ تاقی بەیانی مانگەرێی ئەبیردو تاقی ئێوارەیش مانگەرێی ، وە کانی ئاسنمان بۆ رام کردبو بە ئارەزووی خۆی بۆ دروستکردنی هەر شتێ پێویستی بە ئاسنی تواوە بوایە لەلایا ئامادە بوو ، وە لە بەرەی (جین) چەن کەسمان بۆ رامکردبو بە خواستو فەرمانی ئەو کاریان ئەکردو ، هەرکام لەو جینانە لە فەرمانی ئێمە لایانبدایەو سەرپێچییان لە کاری سلێمان بکردایە بە ئاگری دۆزەخ سزا ئەدرێ . ئەو جینانە کاریان بۆ ئەکردو هەرچی بویستایێ لە : کۆشكو تەلاری بەرزو ، پەیکەری گیانلەبەرو ، دیمەنی کێوو دارو شتی جوانو ، کاسەی زۆر گەورەو قووڵو پان وەکو حەوزی ئاوو ، دێزەو مەنجەڵی دامەزراوی وا کە لەبەر گەورەیی لە شوێنی خۆیان دانەئەگیران ... بۆیان ئەکرد . وە بانگمان لێکردن وتمان : ئەی ئالی داود کردەوەی سوپاسی خودا بکەن بە باشیو ؛ بەندەی سوپاسگوزارم زۆر کەمن .

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : ئەم بایە کە خودا رامی کردوە بۆ حەزرەتی سولەیمان بایەکی تایبەتی بوە کە هارکاتێ پێویست بوایێ حازر ئەبوو حەزرەتی سولەیمانو ئەوانەی کە هاورێی تایبەتی بوایەن لەگەڵیا سوارئەبوون ؛ وا باوە تاقی بەیانی لە شامەوە ئەرۆیشت بۆ (سەبا) لە وڵاتی (یەمەن)دا ، وە کاتی ئێوارەیش لە یەمەنەوە بۆ (خۆراسان) ، وە دیارە ئەمە موعجیزە بوە ؛ چونکی ئەگەر شتێکی هونەری بوایە ئەوە مێژوو تۆماری ئەکرد ، وە لەگەڵ ئەوەدا کە لە رۆژێکدا ماوەی دوو مانگەرێگەی ئەبڕی لەوانەیش بوە ، بە گوێرەی خواستی خۆی ، لەو ماوە کەمتری پێ ببڕێ •

دوەم : ئەو سەرچاوەی ئاسنی تواوە ؛ خاوەن تەفسیرەکان ئەڵێن لە شاری (سەبا) دا بوە لە وڵاتی یەمەنا ؛ هەرکاتێ پێویستی بوایێ بە وێنەی ئاو رەوان ئەبو بە ئەندازەی پێویست ، وە پاش ئەوە ئەبڕایەوە •

سێهەم : ئەو جینییانە کە کاریان بۆ حەزرەتی سولەیمان ئەکرد هەر ئەو چاوپێیان کەوتوە ئیتر خەڵکی تر نەیدیون ، وە دروستکردنی پەیکەری گیانلەبەر لە دینی ئەوانا دروست بوە ، لەسەر خواستی دڵی حەزرەتی سولەیمان جۆرەها پەیکەریان بۆ دروست ئەکرد ، چ لە گیانلەبەرو چ لە بێ گیان ؛ وەکو : پەیکەری شارو ، کۆسارو ، گیاو ، گوڵو ، دارو ، باخو ، شتی دیکەیش •••

(فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ ، فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ) (١٤)

واتــە کاتێ حوکمی مردنمان دا بــە سەر سولەیماناو مراندمان هیچ کەسێو هیچ شتێ ئەو جینانەی تێنەگەیاند لــە مردنی سولەیمان مۆرانە نــەبێ کــە عاساکەی خواردبوو ، کاتێ کــە عاساکە شکاوەو حــەزرەتی سولەیمان کەوت بەڕوودا لــەو زەویەدا ئــەوە دەرکەوت کە ئەگەر جینی غەیبزان بوونایێ لەو سزا سەختەدا ئەو ماوە درێژە نەدەمانەوەو بە کزیو بێزخییەوە خەریکی دروستکردنی (بیت المقدس) نەدەبوونو بلاوەیان دەکرد •

ریوایەتکراوە : حــەزرەتی ئیبراهیم ـدـ کــاتی خــۆی لــە پاش دروستکردنی (کەعبە) بە چل ساڵ لــە شاری (قودس)دا مزگەوتێکی کردەوە بۆ عیبادەت ، جا حەزرەتی داود ـدـ ویستی بە شێوەیەکی بەرزی عالەمی دروستی بکاتەوە ، جا هات ئەو مزگەوتە پێشووەی رووخاندو لەو شوێنا دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوتێ کــە لــە جیهانا دیاری بێو گەلێ بەشی لە بیناکەی کردەوە بەڵام لە پێش تەواوکردنیا نەخۆش کەوتو کۆچی دوایی کردو ، وەصیەتی کردبو بۆ حەزرەتی سولەیمان کــە ئــەو مزگەوتە تەواو بکا •

جا حەزرەتی سولەیمان لەسەر وەصیەتەکەی باوکی دەستیکرد بــە تەواوکردنی ئەو مزگەوتەو ماوەیەکی زۆری پێچوو ، بەڵام هێشتا بازێکی مابو تەواو ببێ حەزرەتی سولەیمان بــە وەحی زانی کــە ئەمرێو ویستی جینییەکان ، کە کاریان ئەکرد لە دروستکردنی مزگەوتەکەدا ، پاش مردنی ئەو بلاوە نەکەن ، بۆیە فەرمانی دا کە لە حەوشی (بیت المقدس)دا هۆدەیەکی بچووکی بۆ بکەن ، بۆ ئــەوە بەندەیی خودای تێــدا بکات • سولەیمان چوە ناو هۆدەکەو دەستی کرد بە بەندەییکردن ، کاتێ مردنی نزیك بوەوە ســەری لەسەر عاساکەی داناو بــەو شێوە خــەریکی عیبادەتکردن بو ،

جینییەکانیش هەموو رۆژێ هاتوچۆیان ئەکرد ، کاتێ سولەیمان کۆچی دوایی‌کردو سەری بەسەر عاساکەوە راوەستا هەمووکەس ، لە ئادەمی‌و لە جینی بە زیندوویان ئەزانی ، تا مۆرانە عاساکەی خواردو عاساکە کەوت‌و سولەیمانیش کەوت‌و ئەو کاتە خەڵك زانییان کە سولەیمان کۆچی دوایی کردوە •

(لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ : جَنَّتَانِ عَنْ يَمِينٍ وَشِمَالٍ ، كُلُوا مِنْ رِزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ ، بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ) (١٥)

بە راستی کاتی خۆی هاتەجێ بۆ گەلی (سەبەء) لە نیشتمانی خۆیان لە کیشوەری (یەمەن)دا کە ناوی (مەئرەب) بو ، لە نێوان ئەو شوێنەو صەنعادا ماوەی سێ رۆژە رێگە هەبوو •• ئاوەدانی‌و هێزی‌و شێوەو شانێ کە بە بەڵگەی گەورە ئەژمێررا لەسەر تەوانایی خودا ، کە ئەو دەستەڵاتەی پێدابوون ؛ دەوڵەت‌و حوکوومەتیان بوو ، دارایی‌و ژیوارێکی رەسایان هەبوو ، وە بە هۆی ئەو (سەدد)ەوە کە دروستیان کردبو وڵاتەکەیان ئاوەدان کردبوەوە بە کشتوکاڵ‌و باخ‌و بێستان ؛ جا لە نزیکی پایتەختەکەی خۆیانا دوو باخی زۆر گەورەو درێژو پانیان دروست‌کردبو ؛ یەکێکیان لە لای راستی شارەکەوە ، وە ئەوی تریان لە لای چەپەوە ، وە زمانی حاڵی وڵات‌و بانگکەری مەعنەوییات ، وە یا پەیڕەوانی ئەو پێغەمەرە کە لەو وڵاتەدا بوە پێی فەرموون : بخۆن لەم رۆزییە بە تام‌و حورمەتە کە خودای خۆتان پێیداون‌و سوپاسی بکەن لەسەر نیعمەتەکانی ؛ ئەم شوێنە کە ئێوەی تیادامەزراون ، شارێکی خۆش‌و هەواپاك‌و بێ زیان‌و رۆزی‌زۆرەو ، پەروەردگاری تاوانبەخشتان هەیە •

ریوایەتکراوە لە حەزرەتەوە ـ د ـ فەرموویەتی : (سـەبا) ناوی ولاتەکە نەبوە ، بەلکو ناوی پیاوێکی عەرەب بوەو ، دە کوڕی چالاكو بە کەرامەتی بوە ؛ شەشیان بە لای راستا رۆیشتن ، ئەوانە بریتی بوون لـە : (ازد) و (شـعریون)و (حمیر)و (کنـدە)و (مذحج)و (انمار) • عەرزیانکرد : ئەی پێغەمەری خودا (انمار) کـام گـەلـەن ؟ فەرمووی : ئەوانەن کە (جثعم)و (بجیلە) لەوانن •

وە چوار کوڕیشیان بەرەوچەپ رۆیشتن ؛ ئەوانە بریتین لە (لخم)و (جذام)و (غسان)و (عاملە) •

(فَأَعْرَضُوا ، فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ ، وبَدَّلْنَاهُمْ بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَيْ أُكُلٍ خَمْطٍ وأَثْلٍ ، وشَيْءٍ مِنْ سِدْرٍ قَلِيلٍ (١٦) ذلِكَ جَزَيْنَاهُمْ بِمَا كَفَرُوا ، وهَلْ نُجازِي إِلاَّ الْكَفُورَ ؟) (١٧)

جا ئەو گەلە پشتیان هەلکرد لە پەندو ئامۆژگاری پیاوە ئایینییەکانو باخی بوون ، ئێمەیش لافاوی بە هێرشی (سەدی عەریم) مان ناردەسەریانو ئەو لافاوە هات بەسەر باخەکانا لە راستو چەپەوەو هەمووی وێران کرد ، وە ئەو دوو باخە باشەمان گۆڕییەوە بە دوو باخی وێرانەی وا بازێ گیـای خواردەمەنی تاڵ کە ناوی (خمط)و ، بازێ (اثل) = دارگـەزو ، بازێ (مۆرد)مان تێدا رواند ، بەلام مۆردەکەی کەم بوو •

دە بەو تۆلەی ڕیشەکێشی ولاتوێرانکردنو ئینسـانمراندنو ، بلاوەکردن بەوەکانی تریان تۆلەمان لێ سەندنەوە ، بە هۆی ئەوەوە کوفریان بە خوداو نیعمەتی خودا کرد • ئایا ئێمە جەزای وا سـەخت ئەدەینەوە بـۆ

غەیری ئەوانە کە زیادەڕەوی بکەن لە کوفرا ؟ واتە هەم کوفری خوداو هەم کوفری نیعمەتەکانی خودا بکەن •

(وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً ، وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ، سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ (١٨) فَقَالُوا : رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا ، وَظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ . فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ ، وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ • إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ) (١٩)

واتە لە کاتی هاتی گەلی (سەبا)دا دامان‌نابو لە نێوان شاری سەباو ئەو شارانەدا کە بارانی پیرۆزیمان بەسەرا باراندبوون ، وەکو شاران‌و دێهاتی شام کە بۆی ئەچوون بۆ بازرگانی •• چەن دێهاتێکی دیاری‌و ناسراوو بە فەڕو پیرۆزی‌و ، ئەندازەی هاتوچۆمان بۆ دیاری کردبوون ، ئەمانوت پێیان بە زمانی حاڵ ، وە یا لەسەر زمانی ئامۆژگاری‌کەری ئەو ڕۆژە : ئەی گەل بڕۆن بەو ڕێگانەدا چەن ڕۆژێ بە هێمنی‌و بێ‌ترسیی ، واتە ئەو شاری سەبامان ، کاتی خۆی ، خۆش‌کرد ، نوختەکانی ڕێگەی بەینی ئەوان‌و شاماتمان هەموو ڕێکخستبوو بە جۆرێ هەر کاروانێ بڕۆیشتایێ بۆ ئەو وڵاتە نەمان‌ئەهێشت لە ڕێگەو بانا ئازاریان ببێ •

بەڵام ئەوان ئەوەندە کوفری خوداو کوفری نیعمەتیان کرد وەك ئەوە وابو خۆیان بانگ بکەن لە خوداو بڵێن : خودایە دووری بخەرە نێوان شوێنەکانی ئێمەوە ، ئەوسا کە هەربیست کیلۆمەترێ جێگەی مانەوەو ئاسایشی بو ئیستە لە مەسافەی چل کیلۆمەترا ، یا مەسافەی پەنجا کیلۆمەترا جێگەیەکی بدەرێ کە ئاسایشی تیا بکەین ، وە لە واقیعا ئەوانە ستەمیان لە

خۆیان‌کردبو ، جا ئێمەیش ئەوانمان لەناوبردو باسی ئەوانمان کرد بە قسەی حیکایەتخوانانو ، وردمان‌کردن بە وردکردنێکی زۆر خراپ • جا بێ‌گومان لەم باسی خەڵکی سەبادا نیشانەی گەورەو بەڵگەی دیاری هەیە بۆ تێگەیشتن لە راستی بۆ هەموو خۆگرێ کە لە هاوڕێی خراپەوە ئازاری تووش بێ‌و ، بۆ هەموو کەسێ کە بە راستی سوپاسی نیعمەتەکانی بکەن •

(ولَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلاَّ فَرِيقاً مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢٠) وما كانَ لَهُ عَلَيْهِمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَنْ يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِي شَكٍّ ، وَرَبُّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ) (٢١)

بە راستی شەیتان گومانی خۆی هێنایە جێگە لەسەر ئەهلی سەبا ، واتە کاتی خۆی لەسەر گومانی خۆی بڕیاری دابو ئەوانە گومڕا بکا ، جا گومڕای کردنو هەموویان شوێنی کەوتن ئەو کۆمەڵە نەبێ لە موسوڵمانەکان کە هەر ئەوان پەیڕەوی ئایینو راگەیەنەرانی ئاینیان کرد •

وە لە راستیدا شەیتان دەستەڵاتێکی وای بەسەر ئەوانا نەبو ، وە ئەو خەڵکە لەبەر ئارەزووبازی خۆیان کەوتنە شوێنی بۆ ئەوە کە عیلمی ئێمە تەعەللوق ببەستێ بەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ هەیەو جیایان بکەینەوە لەو کەسانە کە لە هاتنی رۆژی قیامەتا دوودڵی‌و گومانیان هەیەو ، پەروەردگاری تۆ ئاگاداری هەموو شتێکە •

(قُلِ : ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِ اللهِ لا يَمْلِكُونَ مِثْقالَ ذَرَّةٍ فِي السَّماواتِ ولاَ فِي الأَرْضِ ، ومَا لَهُمْ فِيهِمَا مِنْ شِرْكٍ ، وما لَهُ مِنْهُمْ مِنْ ظَهِيرٍ (٢٢) ولا تَنْفَعُ الشَّفاعَةُ

عِنْدَهُ إِلاَّ لِمَنْ أَذِنَ لَهُ،حَتَّىٰ إِذَا فُزِّعَ عَنْ قُلُوبِهِمْ،قَالُوا:مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ؟ قَالُوا : الْحَقَّ ، وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ) (٢٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بە کافرەکان : بانگ بکەن لەو بتانە کە گومانتان وایە ئەوان خودان نەك خودای عالەم ، بزانن وەڵامتان ئەدەنەوە ؟ بەڵام من پێتان ئەڵێم : ئەوانە لە ئاسمانەکانو لـە زەویدا دارای ئەندازەی (مثقالە ذەرِەیێ) نینو هەرگیز بەشیان لە زەویو ئاسمانەکـانـا نیە ، وە بۆ خودایش نیە لە لایەنی ئەوانەوە پشتیوانێ ، واتە وەکو ئـەوان گومان ئەبەن کە ئەو بتانە لەگەڵ خودادا هاوکاری ئەکەن .. وا نیەو ، ئەو بتانە شایاوی ئەو رێزە نینو ، تکاکردن لای خودا سوودی نیـە بۆ کەسێ نەبێ کە خودا ئیزنی بدا کە تکای بۆ بکەن ، وە لەو ماوەدا کە تکاکارەکـان چاوەڕێی ئیـزنو ئیجـازەن لە تکاکردنـا هەمـــوو لایەکیـــان ـ تکاکەرو تکابۆکراو ـ وان لە ناو ترسا ، هەتا تۆزێ ئەو ترســـەیان نامێنێو ، ئـەو داماوانە ئەپرسن لە تکاکارەکان کە : خودای تەعالا چی فەرموو ؟ ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن : وتارێکی راستی فەرموو کە بریتییە لە ئیزنی شەفاعەت بـۆ بازێ کەسو مەنعی لە بازەکەسێ . وە ئەو خودایـە بەرزە لـە پلەو پایەداو گەورەیە لە تەواناو کرداراو هەرچی خواستی بێ ئەیکا .

(قُلْ : مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ؟ قُلِ : اللَّهُ. وَإِنَّا ، أَوْ إِيَّاكُمْ . لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ) (٢٤)

ئەی پێغەمەر تۆ پێیان بڵێ : کێ لە ئاســــمانەکانو زەویدا رۆزیتان ئەداتێ ؟ جا تۆ خۆت لە باتی ئەوان بڵێ : خودا ؛ چونکی وەڵامی راســت هەر ئەوەیەو . پێیشیان بڵێ : من یا ئێوە واین لەسەر هیدایەت یا واین لـە گومڕاهییەکی رووندا . دیارە ئەوان گومڕان .

(قُلْ : لا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا ، ولا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ (٢٥) قُلْ : يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ، ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ ، وهُوَ الفَتَّاحُ العَلِيمُ) (٢٦)

تۆ ئەی خۆشەویست بەو کافرانە بڵێ : ئێوە مەسئوول نین لە تاوانی ئێمەو ئێمەیش بەرپرسیاری ئێوە نین لەو کارە نابارانەدا کــە دەیانکەن • واتە هەرکەسێ خێرو شەڕی خۆی بۆ خۆیەتی‌و لەسەر خۆیەتی •

وە پێیان بڵێ : خودای هەموومان گشــتمان لــە ڕۆژی قیامــەتــا گردئەکاتەوەو ، لە پاشان بە شێوەی ڕاستی حوکم ئەکا لە خوصــــوومەتی ئێمەداو ، هەر خودا گرێی تەنگ‌و چەڵمە ئەکاتەوەو زانای کاری جیهانە •

(قُلْ : أَرُونِيَ الَّذِينَ أَلْحَقْتُمْ بِهِ شُرَكَاءَ ، كَلَّا بَلْ هُوَ اللهُ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٢٧)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست بەو کافرانە بڵێ : ئەوانەم نیشان‌بدەن کە ئێوە بەرزتان کردوونەتەوەو کردووتانن بە هاوبەش بۆ خودا • حاشـــــا صەدجار حاشا ! خودا هاوڕێ‌و هاوبەشی نیەو خودا خاوەن عیززەت‌و خاوەن حیکمەتە •

(وما أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً ، ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (٢٨)

ئەی ڕەهبەری جیهان ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردوە بۆ سەر ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی‌و ، بە موژدەدەرو ترسێنەر نــەبێ ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئاگادار نین‌و شتی گران‌و مەعقوول نازانن •

(ويَقولُونَ : مَتى هذا الْوَعْدُ إِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ؟! (٢٩)
قُلْ : لَكُمْ مِيعادُ يَوْمٍ لا تَسْتَأْخِرُونَ عَنْهُ ساعةً ، ولاَ
تَسْتَقْدِمُونَ) (٣٠)

ئه‌و كافرانه ئه‌ڵێن : كه‌ی كاتی ئه‌و سزا دێت كه‌ ئێمه‌ی پێ ئه‌ترسێنن‌و ؟ كاتی ئه‌و خێرو خۆشییه‌كه‌ی دێت كه‌ موژده‌ی پێ‌ئه‌ده‌ن ئه‌گه‌ر ئێوه‌ راست ئه‌كه‌ن ؟! تۆ له‌ وه‌ڵاما بڵێ : رۆژێكی تایبه‌تی‌و كاتێكی واتان هه‌یه‌ كه‌ ناتوانن سه‌عاتێ چیه‌ پاش یا پێشی بخه‌ن .

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : لَنْ نُؤْمِنَ بِهذا القُرْآنِ ، ولاَ
بِالَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ ، ولَوْ تَرى إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِنْدَ
رَبِّهِمْ ؛ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلى بَعْضٍ القَوْلَ ، يَقولُ الَّذِينَ
اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : لَوْلا أَنْتُمْ لَكُنَّا
مُؤْمِنِينَ !) (٣١)

وه‌ كافره‌كان ئه‌ڵێن : به‌ راستی ئێمه‌ باوه‌ڕ به‌م قورئانه‌ ناكه‌ین‌و ، باوه‌ڕیش به‌وه‌ ناكه‌ین كه‌ له‌ پێش ئه‌م قورئانه‌دا هاتوه‌ وه‌كو ته‌ورات‌و ئینجیل‌و كتێبه‌كانی تر بێ . وه‌ تۆ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست ئه‌گه‌ر چاوت لێ‌بوایه‌ له‌و كاته‌دا كه‌ ئه‌و سته‌مكارانه‌ ئه‌وه‌ستێنرێن له‌ حوزووری خوداداو ، له‌ ناو خۆیانا قسه‌ به‌ یه‌كتر ئه‌ڵێن‌و بێ‌ده‌سته‌كان به‌ ده‌سته‌ڵاتداره‌كان ئه‌ڵێن : ئه‌گه‌ر ئێوه‌ نه‌بوونایێ ئێمه‌ باوه‌ڕمان ئه‌كرد .. ئه‌گه‌ر چاوت له‌و دیمه‌نه‌ بوایه‌ شتێكی سه‌یرت ئه‌بینی .

ئه‌م ئایه‌ته‌ له‌ كاتێكا هاته‌خواره‌وه‌ كه‌ موسوڵمانه‌كان به‌ كیتابیه‌كانیان ئه‌وت : باس‌و شێوه‌ی پێغه‌مه‌ری ئێمه‌ له‌ كتێبه‌كانی ئێوه‌دا هه‌یه‌ ، ئه‌گه‌ر

تەماشایان بکەن بۆتان دەرئەکەوێ کە محەمەد پێغەمـــەری ئاخر زەمانــە ، ئەوانیش تووڕە ئەبوونو ئەیانوت : ئێمە باوەڕمان نە بە قورئان هەیەو نــە بەو کتێبانەیش کە لە پێش قورئاندا هاتوونەتە خوارەوە •

(قالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا : اَنَحْنُ صَدَدْنَاكُمْ عَنِ الهُدى بَعْدَ اِذْ جَاءَكُمْ ؟! بَلْ كُنْتُمْ مُجْرِمِينَ !) (٣٢)

وە گەورەکان لە وەڵامی بێدەستەڵاتەکاندا ئەڵێن : ئایا ئێمە ئێوەمـان مەنع کرد لە ڕێگەی خودا پاش ئەوە بە تەواوی ئــەو ئەمری خوداتان بــۆ دەرکەوت ؟! نە وا نیە بەڵکو ئێوە خۆتان گەلێکی تاوانبارو ناپیاو بوونو ، گوێتان بە فەرمانی خوداو پێغەمەر نەدا •

(وقالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهارِ اِذْ تَأْمُرُونَنَا اَنْ نَكْفُرَ بِاللهِ ، وَنَجْعَلَ لَهُ اَنْدَاداً ، وَاَسَرُّوا النَّدَامَةَ ــ لَمَّا رَاَوُا العَذَابَ ــ وَجَعَلْنَا الاَغْلالَ فِي اَعْنَاقِ الَّذِينَ كَفَرُوا ؛ هَلْ يُجْزَوْنَ اِلاَّ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ؟) (٣٣)

واتە : دووبارە بێ دەستەڵاتەکان بە گەورەکان ئەڵێن : نەخەیر مەکرو حیلەی بەدەوامی شەوو ڕۆژی ئێوە ئێمەی مەنع کرد لە ڕێگەی حەق ، کە هەمیشە ئەمرتان پێ ئەکردین کە کوفری خودا بکەینو هاوڕێو هاووێنەی بۆ دابنێین ، جا هەموو لایەکیان لە دڵا پەشیمانبوونەوە کاتێ ســــزای دۆزەخیان بینیو کۆتو زنجیرمان خستە ئەستۆی ئەوانەی کە کافر بوون • جا تەماشا بکەن ئایا تۆڵــە ئەسێنینەوە لــەو کافرانە بەو تۆڵــە نەبێ کـــە

شیاویانه‌و ، سزایان ئه‌ده‌ین به پێی ئه‌و ره‌فتارانه نه‌بێ که کردوویانن ؟ حاشا تۆله به گوێره‌ی کرده‌وه‌یه •

(وما أَرْسَلْنا فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلاَّ قالَ مُتْرَفُوها : إِنَّا بِما أُرْسِلْتُمْ بِهِ كافِرُونَ) (٣٤)

وه ئه‌م کوفرو سه‌رپێچیو نابارییه هه‌ر له کۆنه‌وه بوه‌و ئێمه هه‌رگیز هیچ پێغه‌مه‌رێکمان ره‌وانه نه‌کردوه بۆ هیچ ئاوه‌دانییه‌ك ئیللا ده‌سترۆیشتوه‌کان پێیان وتوون : ئێمه باوه‌ر ناکه‌ین به‌وه‌ی که ئێوه هێناوتانه •

(وقالُوا : نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوالاً وَأَوْلاداً . وَما نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ) (٣٥)

وه خاوه‌ن ده‌سته‌لاته‌کان له وه‌لامی پێغه‌مه‌ره‌کانا ئه‌لێن : ئێمه دارایی‌و نه‌ته‌وه‌مان له ئێوه زۆرتره ، که وابێ ئه‌گه‌ر پێغه‌مه‌رایه‌تی مومکین بێ‌و بێ خودا ئه‌یدا به‌و که‌سانه که خاوه‌نی شان‌و نانن ! وه ئێمه له پاشه‌رۆژدا سزا نادرێین ؛ چونکی ئه‌گه‌ر پێغه‌مه‌رێتی له‌سه‌ر ئیعتیباری شان بێ ئه‌وه بۆ ئێمه ئه‌بێ‌و له دنیاو له قیامه‌تا ئازاد ئه‌بین • وه ئه‌گه‌ر ریساله‌ت مومکین نه‌بێ ئه‌مجار مادام خودا له دنیادا شان‌و رێزی پێداوین ئه‌وه مه‌عنای وایه که له قیامه‌تیشا رێزمان ئه‌گرێ‌و سزامان نادا •

(قُلْ : إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشاءُ وَيَقْدِرُ . وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (٣٦)

ئه‌ی ره‌هبه‌ر تۆ پێیان بلێ : دارایی زۆرو کۆمه‌ل‌و ده‌سته‌و به‌سته نیشانه‌ی رێزی لای خودا نیه ؛ چونکی خودا رۆزی زیاد ئه‌کا بۆ هه‌رکه‌سێ

بیەوێ ، ئیتر دارایی‌پێدان مانای ڕێز نیەو ، گەدایی مانای بێ‌ڕێزی لای خودا نیە . بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن .

(وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِنْدَنَا زُلْفَىٰ ، إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ، فَأُولَٰئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا ، وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ (٣٧) وَالَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُولَٰئِكَ فِي الْعَذَابِ مُحْضَرُونَ (٣٨) قُلْ : إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ ، وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ ، وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ) (٣٩) .

وە هەرگیز دارایی‌و نەوەی ئێوە لەوانە نین کە لە ئێمەتان نزیك بکەنەوە بە هیچ جۆرە نزیك‌کردنەوەیێ ، بەڵام ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خوداو کردەوەی باشیان کردوە ؛ ئەوە ئەوانە پاداشی چاکەیان دووقات هەیە بە هۆی ئەو کردەوە باشانەوە کە کردوویانن‌و ، لە باڵاخانەکانی بەهەشتان بە ئەمینی لە نەخۆشی‌و دڵئازاری‌و ستەمی ستەمکاران . وە ئەو کەسانەیش کە تێئەکۆشن بۆ دانەدواوەی ئایەتەکانی ئێمەو دژایەتی‌و بەرانبەری ئەکەن لەگەڵ ڕەهبەرەکانا ؛ ئەوانە وان لە سزاداو ئامادەکراون بۆ ئەوە کە هەتا هەتایە لەو دۆزەخەدا بمێننەوە .

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ : بە ڕاستی خودای من ڕۆزی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە بەندەکانی خۆی‌و ، وایش ئەبێ کەمی ئەکاتەوە بۆی‌و ، هەرچی لە دارایی خۆتان سەرف بکەن لە ڕێگەی

خودادا ئه‌وه خودا جێگه‌که‌ی پڕ ئه‌کاته‌وه‌و ، خودای ته‌عالا چاکترینی هه‌موو ڕۆزی‌ده‌رێکه‌و له‌ به‌شکردنه‌کانیا حیکمه‌ت هه‌یه‌ ۰

(وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعاً ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ : أَهَؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ؟ (٤٠) قَالُوا : سُبْحَانَكَ أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ ، بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ (٤١) فَالْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَفْعاً وَلَا ضَرّاً ، وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا : ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّتِي كُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ) (٤٢)

باسی ئه‌و ڕۆژه‌ بکه‌ که‌ خودا هه‌موویان گردئه‌کاته‌وه‌ ، له‌ پاشان به‌ مه‌لائیکه‌کان ئه‌فه‌رموێت : ئایا ڕاسته‌ ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ کافره‌ به‌نده‌یی ئێوه‌یان ئه‌کرد ؟ جا مه‌لائیکه‌کان ئه‌ڵێن : خودایه‌ ! پاکی‌و دووری له‌ هه‌موو عه‌یب‌و که‌میه‌ك ، تۆ سه‌ردارو گه‌وره‌ی ئێمه‌یی‌و تۆ دۆستی ئێمه‌ی نه‌ك ئه‌م کافرانه‌و ، ئه‌وانه‌ به‌نده‌یی ئێمه‌یان نه‌کردوه‌ ، به‌ڵکو به‌نده‌یی جنی‌و دێویان کردوه‌و زۆربه‌یان باوه‌ڕیان به‌ دێوانه‌ ، واته‌ شوێنی خه‌یاڵی پڕو پووچ که‌وتوون ۰

وه‌ ئێمڕۆ بازێکتان سوود یا زیان ناگه‌یه‌نن به‌ بازێکتان ، وه‌ به‌و سته‌مکارانه‌ ده‌ڵێن : بچێژن سزای ئه‌و ئاگره‌ی که‌ ئێوه‌ باوه‌ڕتان پێ نه‌ده‌کرد ۰

(وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا : مَا هَذَا إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَنْ يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُكُمْ ، وَقَالُوا :

ما هذا الا افك مفترى ! وقال الذين كفروا للحق لما جاءهم : ان هذا الا سحر مبين) (٤٣)

وە کاتێ ئایاتی رووناکی ئێمە بەسەر ئەو کافرانەدا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێن : ئەم ئینسانە پیاوێکە ئەیەوێ ئێوە مەنع بکا لەوەی کە باوکو باپیرەی ئێوە بەندەییان بۆ ئەکرد ، وە ئەڵێن : ئەم قورئانە هیچ نیە ئەوە نەبێ کە درۆ بێو بە دەم خوداوە هەڵبەسرابێ ! ئەگەرنا وتاری خودا نیە • وە کافرەکان ئەڵێن : ئەم کاری پێغەمەرو پەیامەو دەربڕینی ئەم کارانە کە خەڵکی شڵەژاندوە جادوویەکی دیاری نەبێ هیچی تر نیە •

(وما آتيناهم من كتب يدرسونها ، وما ارسلنا اليهم قبلك من نذير) (٤٤)

وەلحاڵ ئێمە چەن کتێبێکی پیرۆزمان بۆ نەناردوون تا بیانخوێنن ، کە ئەو کتێبانە ئەوانی بانگ کردبێ بۆ ئەوە هاورێ بۆ تۆ بڕیار بدەن ، وە لە پێش تۆیشا رەهبەرێکم رەوانە نەکردوە بۆ لایان هەتا بیانترسێنێ لە لادان لە دینی خۆی هەتا ئەمانە ئیمرۆ لەوە بترسنو بڵێن : ناتوانین دینی خۆمان تەرك بکەین ، ئیتر بۆچی ئەبێ رێگەی کافریو گومڕاییان گرتبێو ؟ بۆچی بەرانبەری بکەن لەگەڵ پێغەمەری گەورەدا ؟!

(وكذب الذين من قبلهم ، وما بلغوا معشار ما آتيناهم ، فكذبوا رسلي فكيف كان نكير ؟) (٤٥)

وە لە پێش ئەم کافرانی مەکەدا ئەو کافرانی ئیمرۆ نەگەیشتوون بە دەیەکی ئەو پایە دابووم بەوان لە داراییو سوپاو هێزی ئاوەدانی ، جا

ئه‌وانه پێغه‌مه‌رانی ئێمه‌یان به‌درۆخسته‌وه ، جا ئه‌زانن چۆن بو ئینکاری من بۆ ئه‌وانو چۆن به گژیانا چووم‌و چۆن به‌ربادم کردن ؟

(قُلْ : إِنَّمَا أَعِظُكُمْ بِوَاحِدَةٍ : أَنْ تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَى وَفُرَادَى ، ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُمْ مِنْ جِنَّةٍ ، إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ) (٤٦)

تۆ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست بڵێ به‌و کافرانه : من ئامۆژگاریتان ناکه‌م به تاقه‌شتێ نه‌بێ که بریتییه له‌مه : که ئێوه یه‌که یه‌که یا دوو دوو راوه‌ستن‌و له پاشان بیر بکه‌نه‌وه که ئه‌م خاوه‌نی ده‌عوه‌تی ئێوه شێتی‌و نه‌خۆشی ده‌ماخی نیه‌و ، هیچ نیه ئه‌وه نه‌بێ که ترسێنه‌ری ئێوه‌یه‌و پێش هاتنی سزایه‌کی سه‌خت ئه‌تان‌ترسێنێ ، ده‌ی مادام ئه‌و زاته ساغه‌و خاوه‌ن ده‌ماخه‌و ئامۆژگاری به‌سوودتان ئه‌کا شوێنی بکه‌ون‌و ده‌رزه‌که‌ی وه‌ربگرن .

(قُلْ : مَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ، إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٤٧) قُلْ : إِنَّ رَبِّي يَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَّامُ الْغُيُوبِ (٤٨) قُلْ : جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ (٤٩) قُلْ : إِنْ ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي ، وَإِنِ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي ، إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ) (٥٠)

تۆ پێیان بڵێ : هه‌رچی له ئێوه داوا بکه‌م له به‌رانبه‌ری گه‌یاندنی فه‌رمانی خوداوه ئه‌وه هه‌مووی بۆ ئێوه ، واته هیچتان لێ داوا ناکه‌م ، من ماف‌و پاداشم هه‌ر له‌سه‌ر خودایه‌و ئه‌و ئاگای له هه‌موو شتێکه .

تۆ پێیان بڵێ : ئێوە حەسوودی مەبەن بە من کە من دارای پەیـــامی خودای تەعالام • خودا بۆ هەرکەســـــێ خواســـــتی لێ بێ پەیامی خۆی ئەنێرێ ، یاخود هەرکەسێ بیەوێ گەورەی بکا ئەیکاو ، خودا زۆر زانایـە بە ئەسراری پەنامەکی لە جیهانا •

تۆ بڵێ : وا حەق هاتو ئیســـــلام بڵاو بوەوە بـە جیهـــاناو دینی خودابەیەکناسی هاتو گەیشت بە هەموو جێگەیێو ئایینی پووچ کـــــــە هاوڕێ بۆ خوداد‌انانە هیچ دروست ناکاو هیچ زیندوو ناکاتـەوە • واتــە ئایینی پووچ دەرچوو لە جیهاناو نرخی نەما لە مەیداناو ، ڕێزی نەما لە لای ئینسانا •

تۆ پێیان بڵێ : ئەگەر من گومڕا بم ئەوە گومڕاییەکـەم بۆ خۆمــەو لەسەر خۆمە ، وە ئەگەر شارەزای ڕێگەی سەربەرزی ئینسان بم ئەوە بـە هۆی ئەو ئایەتە پیرۆزە جوانانەوەیە کە خودای تەعالا بۆم ئەنێرێ ، بێ گومان پەروەردگاری من هەموو شتێ ئەبیسێو نزیکە لە هەموو خاوەن هاواریێو ، بەهاناو هاواری هەموو کەسەوە دێ •

(وَلَوْ تَرَى إِذْ فَزِعُوا فَلَا فَوْتَ ، وَأُخِذُوا مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ (٥١) وَقَالُوا : آمَنَّا بِهِ ، وَأَنَّى لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ ؟! (٥٢) وَقَدْ كَفَرُوا بِهِ مِنْ قَبْلُ ، وَيَقْذِفُونَ بِالْغَيْبِ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ (٥٣) وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ، كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِمْ مِنْ قَبْلُ ، إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُرِيبٍ) (٥٤)

ئەگەر تۆ چاوت بکەوێ بەو کافرانە لەو کاتەدا کە لە مردن ئەترسن یا لەبەر زیندوبوونەوە لە گۆڕا ، یا لە ڕۆژی بەدرا لەو کاتەدا رزگاربوونیان نیە لەو شتە لێی ئەترسن‌و لە شوێنێکی نزیك لە مەئموورەکانی ئێمەوە ئەگیرێن •

وە لەو کاتەدا ئەڵێن : ئێمە باوەڕمان بە محەمەد هەیە ، بەڵام چۆن رێك ئەکەوێ بۆیان بگەن بەو باوەڕە کە ئەوان لە سزا رزگار بکا لە شوێنێکی دوورەوە ؟ واتە جیهانی تەکلیف‌و جیهانی ئیمانهێنان رابورد •

وە کاتی مردن لە بەدرا یا مردنی ئاسایی لە ماڵەوە ، یاخود لە کاتی زیندوبوونەوەدا جیهانێکی ترە بێجگە لە جیهانی تەکلیف ، تازە مەحاڵە قەبوولی ئەو شتانە کە کاتیان نەماوە • وەلحاڵ لەوەبەر کوفریان کرد بە محەمەد ــ د ــ و تیری تانەیان بۆ ئەهاویشت (رجما بالغیب)و بە گومانی رووت‌و دوور لە واقیع لە شوێنێکی دوورەوە • واتە ئەو بەدبەختانە ئاگادار نەبوون لە سیفاتی حەزرەت‌و لە خوو رەوشتی بەرزیو ، لە دڵسۆزی بۆ خوداو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام • وە بەینی ئەمان لەگەڵ حەزرەتا وەکو بەینی عەرزو ئاسمان بو • جا گومانی وا دوور بە دوور زۆر دوورە لە نوور • وە پەردەی حیجاب‌و مانیع دامەزرا لە نێوان ئەوان‌و ئەو شتەدا کە ئەوان ئارەزووی ئەکەن کە بریتییە لە رزگاربوون لە سزاو زەحمەت‌و گەیشتن بە بەهەشت‌و رەحمەت ، وەکو چۆن ئەو پەردە لێدانە کرا لەگەڵ هاووێنەی ئەمانەدا لە کافرانی چەرخە پێشووەکان ــ وەکو گەلی نوح‌و عادو ثەمود ــ و ئەوانیش کاتێ پەشیمان بوونەوە کاتی پەشیمانی نەبوو سوودیان وەرنەگرت ، لەبەر ئەوە کە ئەوان کاتی خۆی لە ناو دەریای دوودڵی‌و گومانی ناباری وەهادا بوون کە خاوەنەکەی ئەخستە پەرێشانیو نارەحەتیو بێ ئاسایشییەوە • پەنا بە خودا !

پەنا بە خودا هەزاران پەناه
لە دەردی کاریی شوومی (اشتباه)
ئینسانی دوودڵ سیاچارەیە
لە هەردوو چەرخا هەر ئاوارەیە
ئینسانی مەسعوود ، یانی بەختیار ،
شەخصێ یەك دڵە لەسەر ئیعتیبار
بە نووری قودسی دڵی رووناك بێ
لە شوبهەی شەیتان دەروونی پاك بێ
بە رووناکی دڵ هەستێتە سەر پێ
مایەی سەعادەت پاك بێنێتە جێ
یانی بە بیرو کردەوەو رەوشت
لە دنیا دەرچو بڕوا بۆ بەهەشت
(نامی) ئومێدی هەیە وا بمرێ
زوو لە بەهەشتا جێگەی خۆی بگرێ

* * *

سوورەتی فاطیر لـه ســوورەتە مەکەییەکانە ، چڵو پێنج ئایەتەو ، لە پاش سوورەتی (فورقان) هاتوەتە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(الحَمْدُ لِلهِ فاطِرِ السَّماواتِ والأَرْضِ . جاعِلِ المَلائِكَةِ رُسُلاً اولِي اَجْنِحَةٍ : مَثْنى . وثُلاثَ . ورُباعَ . .. يَزِيدُ فِي الخَلْقِ ما يَشَاءُ . إنَّ اللهَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (١)

هەرچی ستایشو سوپاس هەیە بۆ خودایەکە ئاسمانەکانو زەوی لـە نەبوون دروست کردوەو ، مەلائیکەیشی کردوە بە پەیغامبەرو ئیلهامکەر بۆ لای پێغەمەرانو چاکانی بەندەکانی خۆی کـە حاڵیـان وایـە خاوەنی چەن باڵن : بۆ بازێ لەوانە دوو دوو . بۆ بازێ سێ‌سێو . بۆ بازێ چوارچوار .. خوای تەعالا زیاد ئەکا لە مەخلووقاتی خۆی ئەوەی کە خواستی لەســەر بێ ، بێ‌گومان خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا .

مەلائیکە لە عورفی شەرعدا بریتییە : لە چەن گیانلەبەرێ کە ئەجسامی ناسکنو ، خودا تەوانای ئەوەی پێداون کە بچنە هەر شکڵو شێوەیەکەوە کە بیانەوێو خواستیان لەسەری بێ ، وە ئەم ئەجسامانە نێرو مێیان نیـەو ، بە ئەمری خودا پەیدا ئەبن نەك بە زاووزێ ، وە هەموو بێ‌تاوانو هەمیشە وان لە فەرمانبەرداری خوداداو ، لەسەر یاسای تایبەتی خودا کردوونی بـە مەئموور بۆ گەلێ شتو گەیاندنی گەلێ کارو بەجێهێنانی فەرمانی خودا .

وە کەلیمەی (مثنی ، وثلاث ، ورباع) بۆ بەیانی جیاوازییە لەناو فریشتەکانا ؛ چونکی زۆری باڵ بە پێی زۆری کارو فەرمانە •

زاناکان فەرموویانە : ئەم ئایەتە بۆ حەصر نیە لەو ئەندازە (باڵە)دا •

یەکەم : لەبەر ئەوە کە ژمارە (مەفهوومی موخالەفە)ی نیە •

دووەم : لە بەر ئایەتی (یزید في الخلق ما یشاء) کە بە زاهیر ئەوە ئەگەیەنێ خودا هەرچی ئارەزو بکا دروستی ئەکا ؛ خوا لە ئەنواعی جیاجیا بێ ، وە یا لە ئەوصافی نەوعەکانا • کە وابو وەکو مەلائیکەی وای دروست کردوە کە دووباڵو سێ باڵو چوار باڵی هەیە ، لەوانەیە زۆر مەلائیکەی وەهایشی بێ کە ژمارەی باڵەکانیان زۆر بێ ، وەکو ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ـ د ـ کە جوبرەئیلی دیوە شەشصەد باڵی بوە •

وە بازێ فەرموویانە : مەبەس لە ئایەتی (یزید في الخلق ما یشاء) جوانی شێوەو ، دەنگی خۆشو ، باڵای رێکو ، ئازایەتیو ••• شتی دیکە لە ئەوصافی جوان یا لە ناشیرینو نارێکو نارەوایە •

وە هەڵئەگرێ مەبەس لە جوملەی (یزید في الخلق) ئەمەبێ کە ئەتوانێ مەلائیکەی دووباڵ بکا بە سێباڵو ، سێباڵ بکا بە چوار باڵو ، چوار باڵ بکا بە دە باڵ (مەثەلا) •

(ما يَفْتَحِ اللهُ لِلنَّاسِ مِنْ رَحْمَةٍ فَلا مُمْسِكَ لَها ، وَما يُمْسِكْ فَلا مُرْسِلَ لَهُ مِنْ بَعْدِهِ ، وَهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٢)

ئەو رەحمەتو نیعمەتو خۆشییە کە خودا بەرەڵای بکاو بیرژێنی بەسەر بەندەکانی خۆیدا کەس ناتوانێ رای بگرێ ، وە ئەوەی کە

خودا رای بگریّ و نەیدا کەس ناتوانێ بەرەلاّی بکا ، وە خـودا خاوەن عیزەت و خاوەن حیکمەتە •

(یا اَیُّها النَّاسُ اذْکُروا نِعْمَةَ اللهِ عَلَیْکُمْ . هَلْ مِنْ خالِقٍ غَیْرُ اللهِ یَرْزُقُکُمْ مِنَ السَّماءِ والاَرْضِ ؟! لا اِلهَ اِلاّ هُوَ . فَاَنّی تُؤفَکونَ ؟) (٣)

ئەی ئادەمیزادینە باسی ئەو نیعمەتانی خودایە بکەن کە لەسـەرتانەو پێیداون ، ئایا بێجگە لە خودا پەروەردگاریّ هەیە کە رۆزیتان لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ بنێریّ ؟ بە راستی کەس نیە لەو زیاتر بەندەیی بۆ بکریّ ، کە مادام ئەمە جوملەیەکی وەها راستە ئیتر ئێوە چۆن لائەدرێن لە راستەوە بۆ لارو لە حەقەوە بۆ بەتاڵ ؟

(وَاِنْ یُکَذِّبوکَ فَقَدْ کُذِّبَتْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِکَ . وَاِلی اللهِ تُرْجَعُ الاُمُورُ) (٤)

وە ئەگەر ئەو کافرانە تۆ بەدرۆئەخەنەوە تۆ بەوە دڵگران مەبە ؛ چونکی ئەمە یاسـای ئادەمیزادەو بە راسـتی گەلێ ئەنبیا لە پێش تۆدا بوون و بەدرۆخراونەتەوەو ، هەموو ئەمانە کاری خۆیان حەواڵەی خودا کـردوەو تۆیش هەر وەکو ئەوان حەواڵەی خودای بکە ، وە بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو کارو باری عالەم ، بە قەطعی نەظەر لە پێغەمەران و غەیری ئەوانیش •

(یا اَیُّها النَّاسُ اِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ . فَلا تَغُرَّنَّکُمُ الحَیاةُ الدُّنْیا . وَلا یَغُرَّنَّکُمْ بِاللهِ الغَرورُ (٥) اِنَّ الشَّیْطانَ لَکُمْ عَدُوٌّ . فَاتَّخِذُوهُ عَدُوّاً ، اِنَّما یَدْعُو حِزْبَهُ لِیَکونُوا مِنْ اَصْحابِ السَّعیرِ) (٦)

ئەی ئادەمیزاد ! بێگومان هەرچی خودا بەڵێنی پێدابێ‌و بڕیاری بوونی دابێ دێتەجێ‌و دنیا تەواو ئەبێ ، با ژیانی دنیا بایتان نەکــا ، هــەروا بـا شەیتانی بایی بایتان نەکا ، بێگومان شــــەیتان دوژمنی ئێوەیـــە ، دەی ئێوەیش بیکەن بە دوژمنی خۆتان ، وە ئەگەر ئێوە بین بە حیزب‌و کۆمەڵی شەیتان ئەبن بە دۆزەخی ؛ چونکی شەیتان کۆمەڵەکەی خۆی، بانگ ئەکـاو ئەبا بۆ ئەوە ببن بە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخ •

(الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ، وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ) (٧)

ئەو کەسانە کافرن سزایەکی سەختیان هەیە ، وە ئەو کەسانەیش کــە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیــــان کــردوە ئەوە پاداشی گــــەورەو تاوانبەخشییان لە لای خوداوە بۆ هەیە •

(أَفَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا ؟ فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ ، فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ ، إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ) (٨)

ئایا ئەو کەسانە کە لە لایەنی نەفس‌و شەیتانەوە کردەوە خراپەکانیـان بۆ جوانکراوەو ، گومان‌و خەیاڵاتی پڕو پووچ زاڵ بوە بەسەریانا وەکــو ئەو کەسانەن کە عەقڵیان زاڵە بەسەر نەفسیاناو گومانی شەیتان لـە خۆیـان دوور ئەخەنەوەو باوەڕ بە خوداو پێغەمەری خودا ئەکەن‌و لەســەر ڕێگەی ڕاست ئەڕۆن بە ڕێدا ؟ حاشا ئەم دوو تاقمە وەکو یەك نین •

جا ئەگەر تۆ ، ئەی خۆشەویست ، لە پاش گەیاندن‌و روونکردنەوەی پەیامی خوداو تێکۆشین بۆ ئیمانهێنانی ئەو خەڵکە •• تاقمی وەهات بینی

کە کردەوەی خراپیان جوانە لەبەرچاویاناو بە باشیان ئەزانن •• تـۆ خۆت ماندوو مەکە ؛ چونکی بێگومان خودا گومرا ئەکا ئەوانەی بیەوێ گومرایان بکا ، وە هیدایەتی ئەوانەیش ئەدا کـە خودا بیـەوێ هیدایەتیان بدا • وە خودای تەعالا کەس گومرا ناکا هەتا کابرا بە هێزی خۆی نەڕوا بە گـژی فەرمانی خوداو پێغەمەرا • کە وایە ئاگات لە خۆت بێ با نەفسی تۆ لەبـەر ئێش‌و خەفەت‌و خەمخواردن بۆ ئەوان بە زایە نەڕوا • بێگومان خـودا ئاگای لەوەیە ئەوانە ئەیکەن •

(واللهُ الَّذِي اَرْسَلَ الرِّيَاحَ ، فَتُثِيرُ سَحَاباً ، فَسُقْنَاهُ اِلى بَلَدٍ مَيِّتٍ ، فَاَحْيَيْنَا بِهِ الاَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ، كَذلِكَ النُّشُورُ) (٩)

خودا خودایەکە باکان ئەنێرێ تا هەور بەرزبکەنەوە بۆ ناو کرۆکـەی ئاسمان ، جا لەوێوە لێی‌ئەخوڕین بۆ شارێکی وێران لەبەر بێ‌بارانی ، جا بە رژاندنی باران بەسەریا زیندووی ئەکەینەوە لە پاش مردنی ، وە هەستان‌و راستەوەبوون لە گۆڕستانی زەویداو دەرچوون بۆ مەیدانی حسێب وەکـو ئەم زیندوبوونەوەی زەویەتە لە پاش ئەوە کە وشك‌و بێ گیا بو •

(مَنْ كَانَ يُرِيدُ العِزَّةَ فَلِلّهِ العِزَّةُ جَمِيعاً ، اِلَيْهِ يَصْعَدُ الكَلِمُ الطَّيِّبُ ، والعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ ، والَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ، ومَكْرُ اولائِكَ هُوَ يَبُورُ) (١٠)

ئەم ئادەمیزادە بۆچی ئەوەندە بەدبەختە ؟ بۆچی پشت لـە رەهبەرانی خودا هەلئەکا ؟ ئەگەر بۆ ئەوەیە کە داوای بەرزی‌و سـەربەرزی ئەکا بـا

بزانێ هەرچی بەرزیو سەربەرزی هەیە هەمووی لای خودایە ، وە سەربەرزییەکەیشی بەوەیە کە ئینسان وتارو رەفتاری باش بێ ؛ چونکی وتاری باش وەکو : (شەهادتین)و زیکرو ، تەهلیلەو ، خوێندنەوەی قورئانو ، تەربیەو ، فێرکردنو ، دەرزدانی چاکەی نێوان ئادەمیزادو ، دوورخستنەوەی خراپە لێیان ... بۆ لای خودا بەرز ئەبێتەوە . وە هەروەها رەفتاری باش وەکو : جیهاد لە رێگەی خوداداو ، نان‌دان بە داماوانو ، بەندەیی بەدەنیو ... هەموو بۆ لای خودا بەرز ئەبنەوە .

وە دەمارکردنو خۆبەزل‌گرتنو نەبیستنی حەق لە بەدبەختی زیاتر هیچ ئەنجامێکی نیە ، وە ئەو کەسانە کە مەکرو فێڵ لەگەڵ موسوڵمانانا ئەکەن بە دانانی داوی ناشیرین بۆیان ئەوە سزای سەختو ناهەمواریان هەیە لە پاشەڕۆژاو . مەکری ئەو خاوەن مەکرانەیش لە دنیادا بێ ئەنجامەو بە زایە ئەچێ .

(واللهُ خَلَقَكُمْ مِنْ تُرابٍ ، ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ، ثُمَّ جَعَلَكُمْ اَزْواجاً ، وما تَحْمِلُ مِنْ اُنْثى ، ولاَ تَضَعُ اِلاَّ بِعِلْمِهِ ، وما يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ ولا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ اِلاّ في كِتابٍ ، اِنَّ ذلِكَ عَلى اللهِ يَسيرٌ) (١١)

ئەی ئادەمیزاد ! خۆتان بناسنو خودای خۆیشتان بناسن ، خودا ئێوەی دروستکردوە لە گڵو کردی بە مایەی باپیرەگەورەتان ، کە ئادەمە ، وە لە ئادەمیش دایەگەورەتانی دروست کرد ، پاش ئەوە دروستکردنی ئێوەی لەسەر تۆم دانا ، وە لە دوای دروستکردنی (ئادەم)و (حەوا) دروستکردنی ئێوەی کرد بە یاسای ژنو ژنخوازیو ئێوەی کرد بە ژنو مێرد ، بۆ درێژەدان بە رشتەی ئادەمیزاد ، وە هیچ مێینەیێ منداڵێ

له منداڵدانیدا هه‌ڵناگرێ‌و دای‌نانێ له کاتی خۆیدا به زانستو ئاگاداری خودا نه‌بێ ، وه هیچ ئینسانێکی ته‌مه‌ن‌درێژ ـ ته‌مه‌ن درێژ ناکاو ، هیچ ئینسانێکی ته‌مه‌ن کورت ـ ته‌مه‌ن کورت ناکا ئیللا ئه‌ندازه‌ی ئه‌و ته‌مه‌نه درێژه یا ئه‌و ته‌مه‌نه کورته‌ی وا له (لوح المحفوظ)دا ، وه ئه‌مه بۆ خودا ئاسانه •

وه ئه‌توانین بڵێین هیچ که‌سێ ته‌مه‌نی زیاد ناکرێ‌و هیچ که‌سێ ته‌مه‌نی کورت ناکرێ ئیللا ئه‌و درێژکردنه‌ی وه یا ئه‌و کورتکردنه‌وه‌ی ته‌مه‌نه‌ی هه‌یه له (لوح المحفوظ)دا ، ئه‌مه لای خودا ئاسانه •

ئه‌و که‌سه که ئه‌ڵێ : له عیلمی خودادا دامه‌زراوه ته‌مه‌نی فلان‌که‌س صه‌ده یا هه‌شتایه •• ئیتر زیادو که‌م کردن بێ مه‌عنایه ! ئه‌وه ئه‌و که‌سه له مه‌به‌ست حاڵی نه‌بوه • ئاشکرایه زانستی خودا ره‌سایه‌و خیلافی زانستی ئه‌و مه‌حاڵه • به‌ڵام له زانستی خودادا رابوردوه یارۆ که برینداربو ئه‌گه‌ر ده‌رمانی برینه‌که‌ی نه‌کا پاش ماوه‌یه‌کی که‌م ئه‌مرێ ، وه ئه‌گه‌ر ده‌رمانی بکا ئه‌وه کابرا خۆش ئه‌بێته‌وه‌و تا صه‌د ساڵ ئه‌ژی •

هه‌ر به‌و شێوه‌ی ده‌رمانه‌یه دۆعای خێری موسوڵمان بۆ موسوڵمان‌و خێرات‌و چاکه‌کردن بۆ گێڕانه‌وه‌ی قه‌زاو ده‌ردو به‌ڵا • وه له حه‌دیثا هه‌یه که دۆعاو به‌ڵا مودافه‌عه‌ی یه‌ك ئه‌که‌ن هه‌تا دوا کات •

که وابێ وه‌کو ئه‌ندازه‌ی ته‌مه‌نی ئینسان له لای خودا زانراوه •• ئه‌وه‌یش زانراوه که ئه‌و ته‌مه‌نه درێژه له‌به‌ر ده‌رمانکردن یا دۆعاکردن یا صه‌ده‌قه‌کردنه‌و ، به‌م شێوه ئیشکال نامێنێ •

(وما يَسْتَوِي البَحْرَانِ ، هذا عَذْبٌ فُرَاتٌ سائِغٌ شَرَابُهُ ، وهـذا مِلْحٌ أُجَاجٌ ، ومِنْ كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْماً طَرِيّاً ،

وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ، وَتَرَى الفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ . وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) (١٢)

واتە وەکو یەك نین دوو دەریای وەها کە یەکێکیان ئاوەکەی خۆش بێو تینوێتی بشکێنێو ، ئەویان ئاوەکەی سوێر بێو قوڕگ بسووتێنێ • وەلحاڵ لە هەردوویاندا گۆشتی تازە لە ماسیو باقی حەیواناتی دەریایی ئەخۆن ، وە لە هەردوویان دوڕو مادەی جوان دەردێنن کە ئەیانکەن بە زێوەر بۆ گەردنو بەرۆکو بەرگی ژنانو ئەیانپۆشن ، وە لە هەردووکیشیانا ئەبینن کەشتیەکان ئاو ئەبڕنو ئەڕۆن بۆ ئەوە کە نیعمەتو رۆزی خودایی داوا بکەنو دەردەستی بکەن ، واتە تیجارەتو موعامەلە بکەن بۆ زۆرکردنی دارایی ، وە رجا هەیە سوپاسی نیعمەتەکانی خودا بکەن •

بزانن ! ئەم دوو دەریا وێنەن بۆ ئینسانی موسوڵمانو ئینسانی کافر ، واتە ئینسانی موسوڵمانو ئینسانی کافر وەکو یەك نین ؛ ئەمیان وتاری تەوحید لە دەمی دێتەدەرەوە کە زەلاڵەو تینوێتی دڵی ئینسان ئەشکێنێ ، وە ئەویان کوفرو ئیشراك لە دەمی دەردەچێ کە قوڕگی ئینسان پڕ ئەکا لە گرێو گۆڵو ئەبێ بە تاریکی بۆ دڵو بە دڕکو داڵ بۆ سینە ، ئەگەرچی هەردوو ئینسانەکان هاومیزانن لە بازێ سوودا ، وەکو شێوەی جوانو خۆشی صوحبەتو کارکردن لە دووکانو محەلو ژووری بازرگانیداو ، لە هەردوویان بازە عیلمێ وەرئەگیرێ ، کە بۆ ئینسان ئەبێ بە زینەت وەکو جلی جوانو زێوەردارو غەیری ئەمانەیش •

(يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ ، وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ . وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ . كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى . ذَلِكُمْ

اللهُ رَبُّكُمْ ، لَهُ الْمُلْكُ . وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ) (١٣)

ئەو خودایە پەروەردگاری جیهانە لەکاتی شەو ئەخاتە سەر رۆژ لە زستانو بەهاراو ، لە کاتی رۆژ ئەخاتە سەر شەو لە هاوینو پاییزا ، بۆ ئەوە کە سوود لە درێژی رۆژ وەربگرن بە کاسبی‌کردنو دارایی پەیداکردنو ، لە درێژی شەو ئاسایشی لەشتان دەست بکەوێ بە رابواردنو نوستن ، وە رۆژو مانگی رام کردوە ، هەر یەکەو ئەجوولێ تا وادەی دیاری خۆی ، ئەوەی کە ئەمانە ئەکا خودای ئێوەیەو ناوی (الله)یەو سەرداریو دارایی هەر بۆ ئەوەو ، ئەو بتانە کە ئێوە بانگیان ئەکەنو ئەیانپەرستن بێجگە لە زاتی خودا دارای (قطمیر)ێ ـ واتە پەردە ناسکەکەی سەر ناوکی خورما ـ نین •

(إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ ، وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ . وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ . وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ) (١٤)

ئەگەر بانگ بکەن لەو بتانە بانگەکەتان نابیستن . وە ئەگەر بانگەکەتان ببیستن هیچتان بۆ ناکەنو وەڵامتان نادەنەوە ؛ چونکی ناتوانن هیچ بکەن ، وە لە رۆژی قیامەتیشا کاتێ کە خودا گیانیان ئەکات بە بەرا بۆ ئەوە بازێ راستی دەربکەوێ ئەوان ئینکاری ئەم پەرستیاری ئێوە بۆ ئەوان ئەکەن • ئەمە کە بەیانم کرد راستییەو کەس خەبەرت ناداتێ بە رووداوێ وەکو یەکێ کە ئاگاداری ئەو رووداوە بێ •

(یـا اَیُّها النَّاسُ اَنْتُمُ الفُقَراءُ اِلی اللهِ ، واللهُ هُوَ الغَنِيُّ الحَمِیدُ (١٥) اِنْ یَشَأْ یُذْهِبْكُمْ ویَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِیدٍ (١٦) وما ذلِكَ علَی اللهِ بِعَزِیزٍ) (١٧)

ئەی ئادەمیزادەکان ئێوە هەمووتان موحتاجی خودان لە وجوودی خۆتاناو لە صیفاتو ئەحواڵتانا ؛ هیچیان بە بێ تەعەلوقی خواستی ئـەو پەیدا نابێو بە بێ ئیرادەی ئەو مانەوەیشیان بەردەوام نابێ • وە هەر خودا بێ‌نیازە لە عالەمو خاوەن نیعمەتەو شایاوی سوپاسو ستایشە • وە ئەگەر خواستی لێ بێ ئێوە لەناو ئەباو تاقمێ ئادەمیزادی تر دێنێ کە لـە ئێوە باشترو فەرمانبەردارتر بن ، وە ئەمە لەسەر خودا گران نیەو لەگەڵ ئەوەدا کە خودا بێ‌نیازە لە ئێوە دادگەرە لەسەرتانو حوکمەکان عەدالەتن •

(ولا تَزِرُ وازِرَةٌ وِزْرَ اُخْرى ، وِانْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ اِلى حِمْلِها لاَ يُحْمَلْ مِنْـهُ شَيْئٌ ، ولَوْ كانَ ذا قُرْبى ، اِنَّمَـا تُنْذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ ، واَقامُوا الصَّلاةَ . ومَنْ تَزَكَّى فَإِنَّما يَتَزَكّى لِنَفْسِهِ ، وِالى اللهِ المَصِيرُ) (١٨)

وە هیچ نەفسێکی تاوانبار تاوانی نەفسێکی تر هەڵناگرێ ، وە ئەگەر نەفسێ کە بە تاوانباری گران کرابێو بانگ بکا لە نەفسێکی تر بۆ ئەوە کـەمێ لـەو بارەی بۆ هـەڵبگـرێ ئـەوە بۆی هـەڵناگـرێ هـەرچـەند بانگکراوەکەیش خزمی بانگکەرەکە بێو پەیوەندییان بە یەکەوە بێ ، وە لەمە زیاتر بانگکردنی ئەو گەلە سوودی نیە ؛ چونکی تۆ کەسێ ئەترسێنێ بە سزای خودا کە لە سزای خودا بترسێ لە پەنامەکیداو نوێژەکانی بکا بە رەسایی ، وە هەرکەس خۆی پاك بکاتەوە لە تاوان ئەوە قازانجی بۆ خۆیەتیو گەڕانەوەی بۆ لای خودایە •

(وما يَسْتَوِي الأَعْمى والبَصِيرُ (١٩) . ولا الظُّلُمَاتُ ولا النُّورُ (٢٠) ولا الظِّلُّ ولا الحَرُورُ (٢١) ومَا يَسْتَوِي الأَحْيَاءُ ولا الأَمْواتُ . إِنَّ اللهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاءُ ، ومَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي القُبُورِ (٢٢) ، إِنْ أَنْتَ إِلاَّ نَذِيرٌ) (٢٣)

خودای تەعالا باسی جیاوازییەکانی نێوان موسوڵمانو کافر ئەکا لە نێوان ئەوانەدا ئامادەن بۆ وەرگرتنی فەرمانی خودای تەعالاو ئەوانە کە دوورن ئەڵێن وەکوو یەك نین کوێرو چاودار ، وە تاریکییەك کە لە چەند پەردە تاریکی پەیدا بووبێ لەگەڵ پڕتەوداو ، سێبەرو گەرمای زۆر سەختو ، مردووانو زیندووان ، واتە ئەوانە کە قسەی تۆ وەرئەگرن وەکو بیناو رووناکیو سێبەری بێ زیانو ، زیندووی هۆشیاری زانا وەهان ، وە ئەوانە کە دەرزی تۆ وەرناگرن وەکو کوێرو ، تاریکیو ، گەرمای سەختو ، مردوون .. لە نێوان ئەم دوو تاقمەدا جیاوازییەکی تەواو هەیەو ؛ خودای تەعالا قسەی راست ئەخاتە گوێچکەی ئەوانەوە کە خواستی لەسەر ئەوەیە حەق ببیستێ ، وە غەیری ئەوانە وەکوو مردووانەو ؛ خودا نایەوێ حەق ببیسن . وە تۆیش خۆت ناتوانی بە بێ فەرمانی خودا قسە ببەیتە گوێچکەی ئەوانەوە کە لە گۆڕستاندانو لە گۆڕاندانو . تۆ ترسێنەریو بەس .

(إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالحَقِّ بَشِيراً ونَذِيراً . وإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيها نَذِيرٌ) (٢٤)

بە راستی ئێمە تۆمان ناردوە لەگەڵ قورئانا بە موژدەدەر بۆ ئەهلی چاکەو، ترسێنەر بۆ ئەهلی تاوان ، وە ئەم رەوانەکردنەیش شتێ نیە کە هەر لەم چەرخی تۆدا بێ ، نەخەیر یاسایەکی کۆنی خودایە ، وە هیچ گەلێ نیە لە

دنیادا کە پێغەمەرێکی ترسێنەر لـە تاوانباریو تۆڵەی ناباری بۆ رەوانە نەکرابێ •

(وَاِنْ يُكَذِّبُوكَ فَقَـــدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ؛ جاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ ، وبِالزبُرِ ، وبِالكِتَابِ المُنِيرِ (٢٥) ثُمَّ اَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا ، فَكَيْفَ كانَ نَكِيرِ ؟) (٢٦)

وە ئەگەر تۆ بەدرۆئەخەنەوە ئەمە شتێکی تازە نیە لەم کافرانەوەو ، بە راستی ئەو کافرانەیش کەلە پێش زەمانی ئەمانەدا بوون ئەوانیش پێغەمەرانی خۆیانیان بەدرۆخستەوە کاتێ کە پێغەمەرەکانیان بە فەرمانی خوداوەو بە موعجیزاتـەوەو بـە پـەیامی جـوانی ئاسـمانیو بـە کتێبی گـەورەی دڵڕووناککەرەوەوە هاتن بۆ لایان ، جا پاش ئەو ناباریو بەدرۆخستنەوەی پێغەمەرانە ئەو کافرانەمان گرت ، جا چۆن بو ئینکارو بەرپەرچی ئێمە بۆ بەدرۆخستنەوەکەی ئەوان ؟ ئایا زاڵ بووین بەسەریانا یا نە و ، یارمەتی پێغەمەرەکانمان داو سەرمانخستن بەسەریانا یا نە ؟ دیارە ئەوەی شیاوی رێزی رەهبەران بێ کردمان •

پێغەمـەرەکـان یـارمـەتیدران
کافرەکـانیش سـەرەوژێر کران
حەق بەرزە حەقدار گەیی بە بەرزی
بـەتـاڵیش لـە ژێـر سـزادا رزی

★ ★ ★

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ اَنْزَلَ مِنَ السَّماءِ ماءً فَاَخْرَجْنَا بِـهِ ثَمَرَاتٍ مُخْتَلِفاً اَلْوانُها ، ومِنَ الجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ اَلْوانُها ، وغَرابِيبُ سودٌ ؟ (٢٧) ومِنَ النَّاسِ والدَّوَابِّ

وَالأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ ، إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ
عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ ، إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ) (٢٨)

ئایا تۆ نابینی کە خودای تەعالا لە ئاسمانەوە ئاو ئەڕژێنێتە خوارەوە ، جا دروستمان‌کرد بە هۆی ئەو ئاوەوە چەن جۆر بەری رەنگاو رەنگ‌و ، نابینی کە خودای تەعالا لە کێوەکانا چەن جۆر رێگەی دروست‌کردوە لە سپی‌و لە سووری جۆرجۆر لە رەنگاو ، چەن قەلی رەشی زۆر رەشی دروست‌کردوەو ، لە ئادەمیزادو لەو گیانلەبەرانە بە زەویدا ئەڕۆن‌و ، لە بزن‌و مەڕو وشترو گای رەنگامە چەێکی دروست کردوە ؟ ئەگەر تۆ ئەمانەت نەبینیوە بڕۆ بیان‌بینە هەتا زانیاریت بە کردگاری خودای تەعالا زیاد بکا ، چونکی بە راستی کەس لە بەندەکانی خودا لە خودا ناترسێ زاناکان نەبێت •

زانا ئەزانێ ئەم جۆرە کارە
دەستی تەبیعەت تیایا بێ کارە
زانا ئەزانێ لە تافە دارێ
چلۆن چەن ئاثار دێنە رووی کارێ
زانا ئەزانێ لە کەژو کۆسار
چەن جۆر گولاڵە دێنە دەر بەهار
یەکێ رەنگ‌زەردە ، یەکێ تر ئاڵە
یەکێکیان تۆخە ، یەکێکیان کاڵە
لە دایەو بابێ چەن جۆرە منداڵ
یەکێکیان پاکەو ، یەکێکیان بەدحاڵ
لە ئینسانی رەش نەتەوەی سپی
نەك جارێ چەن جار ، بەم چاوانەم دی
بە غەیری خواستی زانای نەوانا
کێ ئەم ئەوزاعەی لە چەرخا دانا ؟

ئەوەی دەمـــاخی تێیـدا بێ شـــوعوور
جیـــائـەکـاتـەوە تـاریـکی لـــە نـــوور
ئـەزانێ خـاکی بێ شـــــوعوورو فـــام
نابێ بـە ئەسـاس بۆ رشــــتەی نیظام
ئـەزانێ تـەنیـا خواســـــتی خودایـە
بـایێ (وەبـا)یـە بـایێ شـــــیفایە
لـە ئاســـمانی ســـــایەقەی بێ هـەور
بـە چـەن دەقیقـە تـاریـك ئـەبێ دەور
دنیـــا پـڕ ئـەبێ بـە وێنـــەی دەریـا
ســـەرگەردان ئـەکـا ئینســـانی وریـا
ئەگـەر تەبیعـەت فـاعیـــل بێ بـۆ کـار
لەســەر یـەك یاســـا ئەبو رۆزگار ؟
ئیتر بـــە ئـەوهـــام مـەڕۆرە کـایـــە
عەقڵو هۆشـــــی خۆت مـەدە بـە زایـە
بـزانـە عـالــەم جـامیـــدو (نـامی)
بـە خواســـــتی حەقـە رشتەی نیظامی

* * *

به راستی خودای تەعالا خاوەن عیزەتو دەستەلاتە لەسەر هەر شتێ خواستی لێ بێو تاوانبەخشە ، ئەگەرنا بێ ئیمانەکانی بە ماوەیەکی کـــەم لەناو ئەبرد •

(إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللهِ ، وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ ، وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَنْ تَبُورَ (٢٩) لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُمْ مِنْ فَضْلِهِ ، إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ) (٣٠)

بە راستی ئەو کەسانە کە قورئان ئەخوێننەوە لەسەر ئەساسی ئـەوە کتێبی خودایەو ، ئیمانیان هەیـە بەوە کـە دوورە لــە عەیبی (بوطلان)و جیاوازیو ، نوێژەکان بەجیٚدێنن بەو جۆرە شـــــەرع پێی رازی بیٚو ، سەرف ئەکەن لەو شتانە کردوومانە بە رۆزی خۆیان بە پەنامەکیو ئاشکرا •• ئەوە داوای تیجارەتیٚ ئەکەن کە قەت کەسادی بە سەرا نایێ •

وە ئەو تیجارەتەیان بۆ ئەوە کردوە کە خودای تەعالا پاداشەکانیان بە تەواوی بداتەوەو لە فەزلی خۆیشی زیاد لە پاداشەکەیان پیٚبدا ، بە راستی خودای تەعالا تاوانبەخشەو تاعەت وەرگرە •

(والَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ ، إِنَّ اللهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ (٣١) ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ، فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ ، وَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ ، وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللهِ ، ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ) (٣٢)

وە ئەوەی کە بە جوبرەئیلدا ناردوومانە بۆ لای تۆ لە ئایاتی قورئـان ئەوەیە حەقو موطابیقی واقیعو ، حالی وەهایە راســتی ئەو کتێبــانــە ئەسەلمێنیٚ کە لە پێش خۆیدا هاتوونەتەخوار وەکو ئینجیلو تـەورات ، بـە راستی خودای تەعالا بەرابەر بە بەندەکانی خۆی بیناو ئاگادارە •

جا پاش ئەوە وەحیمان کرد بۆ لای تۆ ئەو کتێبەمان وەکو میرات دا بەو بەندانە کە هەلْبژاردبوون بۆ ئەوە رێنومای ئوممەت بکەن ، جا بازیٚ لەو بەندانە کە من هەلْمبژاردن ستەمیان لــە خۆیـانکردو بە بیٚ موبالاتی خۆیان دا بە دەستی نەفسو شـــــەیتانەوەو گیرۆدەی گوناح بوون ، وە بازێکیشیان میانەبوونو نە ئەونە تێکۆشـان بۆ دینو ، نە بیٚموبـالاتیش

بوون ، وە بازێکیش لەوان زۆر زۆر بە دڵ مەشغووڵی بەندەیی بۆ خـــودا بوونو رایان ئەکرد بە شوێن چاکەکردندا بە ئیزنو تەوفیقی خودا ، وە ئەم بارە کە بۆ ئەو هەیە فەزڵێکی گەورەیەو حەقی ئەوەیە کە گەلێ کەس بکەون بەسەر تەوێڵداو کورنووشی سوپاسگوزاری بۆ خودا بیەن •

ئەم ئایەتە بەسەر ئەو زانایانەدا تەتبیق ئەکرێ کـە ئەو کتێبـە بەرزە بەرێزەی خودا ناردیە خوارەوە بۆ پێغەمەرو کەوتـە دەستیانو بە ئیـــزنی خودا هەڵبژێرران بۆ گەیاندنی • ئەمانە لە واقیعا سێ بەشن :

بەشێکیان زۆر زۆر باشن بۆ خۆیانو غەیری خۆیان ، وە بەشێکیان میانەن ، وە بەشێکیان هەر ئەوەیە کە وان لە ناو لە کۆمەڵەکەدا ، ئەنا تەنانەت لە کردنی واجیباتو نەکردنی خراپەدا نیسبەت بە خۆیان ستەم لە خۆیـــان ئەکەن پەنا بە خودا !

(جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلونَها ، يُحَلَّوْنَ فِيها مِنْ أَساوِرَ مِنْ ذَهَبٍ ولُؤْلُؤاً ، ولِباسُهُمْ فِيها حَرِير" (٣٣) وقَالُوا : الحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الحَزَنَ ، إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُور" شَكُور" (٣٤) الَّذِي أَحَلَّنَا دارَ المُقامَةِ مِنْ فَضْلِهِ ، لا يَمَسُّنَا فِيها نَصَب" ، ولا يَمَسُّنَا فِيها لُغُوب") (٣٥)

ئەو بەهەشتانە کە بۆ مانەوە تیایانا بەکار دێن ئەم بەندە هەڵبژاردانەیان، تێ ئەچن ، ئەم بەندانە لەو بەهەشتانەدا جوانئەکرێن بە بازنو دەستـبەندی ئاڵتوونو ، بە دوری پرتەودارو ، پۆشاکیان لە بەهەشتا حەریری نـەرمو ناسکەو ، بە شادییەوە ئەڵێن : سوپاسو ستایش بۆ ئەو خودایەتانێ کـــە خەمو زویری لە دڵی ئێمە دەرکرد ، بە راستی پەروەردگاری ئێمە تاوانبەخشو

ته‌وبه‌وه‌رگره . ئه‌و خودایه که ئێمه‌ی له خانه‌ی مانه‌وه‌دا دامه‌زراند هه‌تاهه‌تایه له میهره‌بانی خۆیه‌وه‌و ، له‌و به‌هه‌شته‌دا بێ‌ئاسایشی لێمان ناداو ئازارو بێزاریمان پێ ناگا .

(والَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ ، لا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا . ولا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ مِنْ عَذَابِها ، كَذلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ) (٣٦)

واته ئه‌وانه‌یش کافرن ئاگری دۆزه‌خیان بۆ هه‌یه‌و ، حوکم نادرێ به‌سه‌ریانا هه‌تا بمرن‌و رزگاربین‌و ، سزاکه‌یشیان له‌سه‌ر سووك‌ناکرێ ، جا به‌و شێوه تۆڵه له هه‌موو کافرێکی به‌رده‌وام له‌سه‌ر کافرێتی ئه‌سێنینه‌وه .

(وهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيها : رَبَّنَا اَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صالِحاً غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ ! اَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ ما يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ ، وجاءَكُمُ النَّذِيرُ ؟! فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ) (٣٧)

وه ئه‌وانه له‌ناو ئاگری دۆزه‌خا هاوار ئه‌که‌ن‌و ئه‌ڵێن : په‌روه‌ردگارا له‌م جیهانی سزامان ده‌رکه‌و بمان‌گێڕه‌وه بۆ دنیا ، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌مان بۆ بکه‌ی کرده‌وه‌ی باش ئه‌که‌ین غه‌یری ئه‌و جۆره کرده‌وه که زوو ئه‌مان‌کرد ! جا له لایه‌نی خوداوه وه‌ڵامیان ده‌درێته‌وه‌و پێیان ده‌وترێ : ئایا ئێمه به ئه‌ندازه‌یه‌کی وا ته‌مه‌نمان نه‌دا به ئێوه له دنیادا که به‌س بێ بۆ بیرکردنه‌وه بۆ کەسێ که ئه‌هلی بیر بێ‌و ، ره‌هبه‌ری خه‌ڵك‌ترسێن نه‌هات بۆ لاتان ؟! ده‌ی سزای دۆزه‌خ بچێژن ، ئیتر یارمه‌تیده‌ر بۆ سته‌مکاره‌کان نیه .

(إِنَّ اللَّهَ عالِمُ غَيْبِ السَّماواتِ والأَرْضِ ، إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذاتِ الصُّدورِ) (٣٨)

بێگومان خودا زانایە بەو شتانە کە پەنهانن لە ئاسمانەکاناو لە زەویداو **زانایە بەو خەیاڵاتەیش کە بە سینەکانا هاتوچۆ ئەکەن •**

(هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلائِفَ فِي الأَرْضِ ؛ فَمَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ ، ولا يَزِيدُ الكافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلاَّ مَقْتاً ، ولا يَزِيدُ الكافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلاَّ خَساراً) (٣٩)

خودا ئەو خودایە کە ئێوەی کردوە بە جێنشینی خۆی لەسەر زەویدا ، یا کردوونی بە کۆمەڵە ئینسانێ چین لە دوای چین دێن و ئەڕۆن و ، مانەوەی **تا سەر بۆ کەس نیە لە دنیادا ، جا هەرکەسێ ئینکاری خودا ئەکا زیانی کرفرو ئینکارییەکەی بۆ خۆیەتی ، وە ئەو کەسانە کە کوفری خودای خۆیان ئەکەن کوفرەکەیان هیچ زیاد ناکا بۆ ئەوان نائومێدی لە رەحمەتی خودا نەبێ ، یا زیانکاری نەبێ •**

(قُلْ : أَرَأَيْتُمْ شُرَكاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعونَ مِنْ دونِ اللهِ ؟ أَرُونِي ماذا خَلَقُوا مِنَ الأَرْضِ ! أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّماواتِ ، أَمْ آتَيْناهُمْ كِتاباً فَهُمْ عَلى بَيِّنَةٍ مِنْهُ ؟ بَلْ إِنْ يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُمْ بَعْضاً إِلاَّ غُرُوراً) (٤٠)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو کافرانە : خەبەرم پێ بدەن لەو شەریکانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن و ، بە هۆی ئەوانەوە لە خودا لائەدەن ! ئا پیشانم بدەن و پێم بڵێن بزانم چی شتێکیان لە زەویدا دروست کردوە ! یاخود ئەڵێن : ئەوانە هاوبەشییان لەگەڵ خودادا هەیە لە

ئاسمانەکانا ، یا خەیر لەبەر هاوبەشی نیە کە ئەیانپەرستن بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کیتابێکم پێداون ئەیخوێننەوەو ئەوان لەسەر بەڵگەو بورهانن لە ئیشی خۆیانا لەسەر فەرمانی ئەو کتێبە ؟ نەخەیر ئەمانە هیچیان نیەو تەنها ئیعتیماد لەسەر قسەی ناوخۆیانو بەڵێنی خۆیانەو ، ئاشکرایشە ئەم کافرە ستەمکارانە کە بەڵێن ئەدەن بە یەکتری بەڵێنی راست نادەنو بەڵێنەکانیان لەسەر بناغەی ناڕاستیو بایی‌بوونە •

(اِنَّ اللهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضَ اَنْ تَزُولا ، وَلَئِنْ زَالَتَا اِنْ اَمْسَكَهُمَا مِنْ اَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ ، اِنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُوراً) (٤١)

بە راستی خودا ئەوەندە تەوانایە ئاسمانەکانو زەوی راگرتوەو مەنعی‌کردوون لەوە کە لە شوێنی خۆیان لابچن ، وە بە راستی ئەگەر لە جێگەی خۆیان دەربچن کەس نیە راگیریان بکا پاش خودای تەعالا ، بە راستی خودای تەعالا بە حیلمە کە زووبەزوو تۆڵە لە کافرەکان ناسێنێتەوەو تاوانبەخشیشە •

(وَاَقْسَمُوا بِاللهِ جَهْدَ اَيْمَانِهِمْ : لَئِنْ جَاءَهُمْ نَذِيرٌ لَيَكُونُنَّ اَهْدَى مِنْ اِحْدَى الاُمَمِ ، فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ مَا زَادَهُمْ اِلاَّ نُفُوراً (٤٢) اسْتِكْبَاراً فِي الاَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ . وَلاَ يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ اِلاَّ بِاَهْلِهِ ، فَهَلْ يَنْظُرُونَ اِلاَّ سُنَّةَ الاَوَّلِينَ ؟ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلاً . وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَحْوِيلاً) (٤٣)

ئەم ئایەتە دەربارەی کافرەکانی قورەیش هاتــوەتــە خوارەوە ، کاتێ خۆی سوێندیان ئەخوارد : ئەگەر رەهبەری (موعود) بێتە لایان ئەبن بــە گەلێکی چاکتر لە گەلە پێشوەکان کە گاورو جوولەکەن ، کەچی کاتێ خودا حەزرەتی نارد بۆ لایان دەستیان کرد بە ئینکارو بەرهەڵستیکردنی •

جا خودا فەرموویەتی : پڕ بە دڵو بە هەموو هێزیان ســـــوێندیان ئەخوارد : ئەگەر پێغەمەرێکی موژدەدەرو ترسێنەریان لە لای خوداوە بــۆ بێت ئەمان باشترو پیاوچاکتر ئەبن لە یەکێ لەو دوو گەلە ناسراوو دیارییە ، کەچی کاتێ پێغەمەری سەربەرز هات بۆ لایـــان ئەو هاتنە هەر دووریو نەفرەتی لە دین بۆ زیادکردن •

ئەم نەفرەتەیشیان هەر لەبەر خۆبەزلگرتن لە زەویداو مەکری خراپ بو بۆ رێگەی موسوڵمانان ، ئاشکرایشە کە مەکری خراپ هەر بۆ ســـەر خاوەنەکەی ئەگەڕێتەوەو زیانەکەی هەر بۆ خۆی ئەبێ • جا ئایا ئەم کافرە مەکربازانەو ئەم گەلە بەدکارانە هەر چاوەڕێی یاسای خودا ئەکەن کــە لە چەرخە پێشوەکانا چۆن بوە وەهایش بێ بۆ ئەمان کە بریتییە لەوە ئەم گەلە بە تەواوی لەناو بەرێ ؟ وە بە هیچ شێوەیێ تۆ گۆڕان لە ســــــونەتو یاسای خودادا نابینی ، بەم جۆرە یاسای سزاو وێرانکردن بکا بە یاســـای ئاوەدانکردنەوە ، هەروا گۆڕانیش بۆ یاسای خودا نابینی بەم شێوە ئــەو سزا کە کاتی هاتوە بۆ گەلێ بیدا بەسەر گەلێکی تری بێتاوانی داماوا •

(أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ؟ وَمَا كَانَ اللهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ ، وَلاَ فِي الأَرْضِ ، إِنَّهُ كَانَ عَلِيماً قَدِيراً) (٤٤)

ئایا ئه‌م گه‌له سه‌رکێشه نه‌گه‌ڕاون به‌سه‌ر زه‌ویدا هه‌تا ته‌ماشا بکه‌ن که چلۆن بوه ئه‌نجامی ئه‌و گه‌لانه که له پێش ئه‌مـانـا بوون‌و ، ئـه‌وان زۆر به‌هێزتر بوون له‌م کافرانه‌و خودا لێیداون‌و له‌ناوی بردوون ؟ وه خودا له‌وانه نیه که هیچ شتێ عاجزی بکا له ئاسمانه‌کان‌و له زه‌ویدا ، به ڕاستی خودای ته‌عالا زانایه به ئه‌حواڵی عومووم‌و ، ته‌وانایه له‌سه‌ر هه‌رچی خواسـتی خۆی له‌سه‌ر بێ ئه‌یکا •

(ولَوْ يُؤَاخِذُ اللهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا ما تَرَكَ عَلى ظَهْرِهَا مِنْ دَابَّةٍ ، ولكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ اِلى اَجَلٍ مُسَمّىً ، فَإِذَا جاءَ اَجَلُهُمْ ، فَإِنَّ اللهَ كانَ بِعِبادِهِ بَصِيراً) (٤٥)

واته له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که خودای ته‌عالا زانایه به بیرو باوه‌ڕی ناهه‌موارو کرده‌وه‌ی ناباری ئاده‌میزاد ، وه ته‌وانایه له‌سه‌ر هه‌موو تۆڵه‌یێ‌و ، خـودای ته‌عالا به حیلمه‌و صه‌بر ئه‌کا ، ئه‌گه‌ر خودا ئاده‌میزادی بگرتایه به هـۆی کاری ناپه‌سه‌ندی ئه‌وانه‌وه ئه‌وه که‌سی بـه سـه‌ر پشـتی زه‌ویه‌وه نه‌ئه‌هێشته‌وه ، به‌ڵام خودا دوایان ئه‌خا هه‌تا ئه‌گه‌ن به‌و کاته کـه خـودا به‌ڵێنی پێداوه‌و بڕیاری داوه‌و دیاری‌کردوه بۆیان ، جا کاتێ ئه‌و کاته هات ئه‌وسا خودا زانایه به به‌نده‌کانی خۆی‌و بینایه به ئه‌حواڵیشیان ؛ ئه‌و که‌سه‌ی عه‌فوی ئه‌کا ئه‌وه دیاره لوطفی خۆی ده‌رئـه‌بڕێ بۆی‌و ، ئه‌وه‌یش عه‌فوی نه‌کا ئه‌وه عه‌دلی خۆی بۆ ئه‌خاته کار •

سوورەتی یاسین ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ئایەتی چل‌و پێنج نەبێ ، هەشتاو سێ ئایەتە ، پاش سوورەتی (جن) هاتوەتەخوارەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(يس (١) والقرآنِ الحكيمِ (٢) إنّكَ لَمِنَ المُرسلينَ (٣) على صِراطٍ مُستقيمٍ (٤) تَنزيلَ العزيزِ الرّحيمِ (٥) لِتُنذِرَ قوماً ما أُنذِرَ آباؤُهم فهُم غافِلونَ) (٦)

یاسین یا ناوی سوورەتەکەیە ، واتە ئەم سوورەتە سوورەتی یاسینە ، وە یاخود بە مەعنای (یا انسان)ەو مەبەس لەو ئینسانە حەزرەتی محەمەدە ـ د ـ لەبەر ئەوە مادام ئینسانی کامیل ئەبێ وەهابێ دروستە بە (یا انسان) بانگی لێ بکرێ ، وە یاخود تەواوی (یاسین) لەقەبی حەزرەتە ، وەکو ریوایەت‌کراوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە : کە یاسین ناوێکە لە ناوەکانی حەزرەت ـ د ـ بە بەڵگەی ئەوە کە خیطابی بە (انك لمن المرسلين) لەگەڵا کراوە .

واتە : ئەی پێغەمەری مولەقەب بە یاسین ! قەسەم بەو قورئانە کە هاتوەتەخوارەوە بۆ لای تۆو خاوەن حیکمەتە لە دەرزی ئادەمیزاداو لە تەربییەو تەوجیهیاتا ! بە راستی تۆ لەو پێغەمەرانەی کە بەسەر رێگەی **راستا رەوانەکراون کە رێگەی دان‌نانە بە بوونی پەروەردگاری تاقی تەنیای تەواناى تەواو لە سیفات‌و کردارا ، وە ئەو قورئانە حەکیمەیش**

هاتوەتەخوارەوە بۆ لای تۆ لە لایەنی ئەو خــوداوە ، کــە خاوەن عیزەتو خاوەن رەحمەتو میهرەبانە ، وە تۆیش بۆ ئەوە تێرراوی هەتا گەلێکی وا لە سزای خودا بترسێنی کە باوکو باپیرە نزیکەکانیان پێغەمەرێکی وەهایــان بۆ نەهاتوە کە لە سزای خودا بیانترسێنێ ، کە وابێ ئەوانە بێئاگان لــە حوکمی خوداو ، بێئاگایش هەتا ئاگادار نەکرێتەوە تەکلیف رووی تێ ناکا •

بزانن ! ئەم ئایەتەو ئایەتی سوورەتی سەجدە (لتنذر قوماً ما أتاهم من نذير من قبلك)و ئایەتی سوورەتی (قصص) : (لتنذر قوما ما أتــاهــم من نذير من قبلك) دەلیلی قەطعین لەسەر ئەوە کە لە پێش رەوانەکردنی حەزرەتی محەمەدا ـ د ـ پێغەمەرێ نەهاتوە بۆ سەر عەرەب لەو نزیکانەدا ، وە ئایەتی سوورەتی مائیدە (قد جاءكم رســـولنا يبين لكم على فترة من الرسل ان تقولوا ما جاءنا من بشير ولا نذير) دەلیلی قەطعییە لەسەر ئەوە کە هاتنی حەزرەت رێکەوتی کاتی (فەترەت)ی کردوەو ، دیارە هەرکەس بێ ئاگا بێ لە ئەحکامی خوداو لە ئەهلی فەترەت بێ موکەلەف نیە •

کە وابو نەتیجە ئەدا باوکو باپیرەی حەزرەت ـدـ ئەهلی نەجاتبوون لە سزای قیامەتو سزای بەرزەخ • وە ئەگەر حەدیثێ بە پێچەوانەی ئەمەوە بێ حەمل ئەکرێتەسەر ئەوە : لەو کاتەدا ئەم حوکمە لەم ئایەتانەدا دەرئەکەوێ هێشتا مەعلووم نەبوە ؛ چونکی حوکمێ کە بە وەحی بێتەخوارەوە لە پێش وەحیەکەدا مەعلووم نیە •

(لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ ، فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ) (٧)

بە راستی کەلیمەی قار دامەزراوە لەسەر زۆربەی ئەو کافرانە ، ئیتر ئەوانە ئیمان‌ناهێنن ، وە لە عیلمی خودادا رابوردوە کە لەسەر ئــەم حاڵە دەوام ئەکەن تا مردنیان •

(إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً ، فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ ، فَهُمْ مُقْمَحُونَ (٨) وجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدّاً ومِنْ خَلْفِهِمْ سَدّاً،فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لا يُبْصِرُونَ)(٩)

ئه‌م ئایه‌تانه دوو مه‌عنایان بۆ به‌یان کراوه :

یه‌که‌م : ئه‌مه‌یه که ته‌قریری ده‌وامی ئه‌و کافرانه ئه‌کا له‌سه‌ر کوفر ، وه‌کو یه‌کێ ده‌ستی برابێ بۆ گه‌ردنیو زنجیر کرابێو نه‌توانێ بجوولێته‌وه‌و له پێش ده‌م‌و پشتیه‌وه په‌رده‌یه‌کی قایم دروست‌کرابێو کابرا نه‌توانێ خۆی ده‌رباز بکا •

واته : له ملی ئه‌وانه‌دا چه‌ن زنجیرێکی وه‌هامان داناوه که گه‌ردنی پڕکردوونو ، ئه‌و زنجیرانه گه‌یشتبوون به چه‌ناکه‌یانو سه‌ری ئه‌وانه به‌رزبوه‌ته‌وه به هۆی ئه‌و زنجیرانه‌وه که پێچراوه به ملیانه‌وه‌و ناتوانن بۆ به‌رده‌می خۆیان بڕوانن ، وه له‌به‌رده‌می ئه‌وانه‌دا به‌ست‌و په‌رده‌مان داناوه‌و له پشتیشیانه‌وه به‌ست‌و په‌رده‌مان داناوه‌و به ته‌واوی داگیرمان کردوونو چاویان نابینێ ؛ چونکی له واقیعا به‌ستی ئه‌تراف رێگه‌ی ته‌ماشای لێبڕیون ، واته ئه‌و کافرانی قوره‌یشه وه‌ها دامه‌زراون له‌سه‌ر کوفر چاره‌یان بڕاوه ، وه‌کو ئینسانێ که زنجیرکرابێو به‌ستی زۆر له چوارده‌وریه‌وه دروست کرابێ •

دووه‌م : ئه‌مه‌یه ئه‌م ئایه‌ته به‌یانی شێوه‌و حالی ئه‌بوجه‌هل‌و دوو هاورێکه‌ی له به‌نی مه‌خزووم ئه‌کا ، که هاوپه‌یمان بوون ، ئه‌بوجه‌هل سوێندی خواردبوو : ئه‌گه‌ر محه‌مه‌د ببینێ نوێژ بکا به به‌رد سه‌ری پانبکاته‌وه ! جا کاتێ چاوی پێکه‌وت نوێژی ئه‌کرد به‌ردێکی هه‌لگرت‌و ڕۆیشت بۆ لای ؛ که‌لێی نزیك بووه‌وه به‌رده‌که‌ی به‌رز کرده‌وه پێدا به‌سه‌ریا

دەستی گەڕایەوە بۆ گەردنیو پێیەوە چەسپ بوو بەردەکەیش لەدەستی کەوتەخوارەوە • جا هاتەوە باسەکەی گێڕایەوە ، یەکێ لە هاوڕێکانی کە وەلیدی کوڕی موغیرە بو وتی : من ئەڕۆم سەری پانئەکەمەوە ، کە چوو بۆیو لێی نزیك کەوتەوە هەردوو چاوی کوێر بوون ! ئەویش بە نائومێدی گەڕایەوە • جا هاوڕێی دووهەمی هەستاو سوێندی خوارد کە سەری پانبکاتەوە ، کە نزیکی بوەوە بەڕاکردن گەڕایەوە • وتیان : ئەوە چییە ؟ وتی : وەڵلاهی کە نزیکی کەوتمەوە شێرێ کەوتە بەینی منو ئەوەوەو لە ترسا گەڕامەوە !

(وسَـــواءٌ عَلَيْهِمْ أأنْذَرْتَهُمْ امْ لَمْ تُنْـــذِرْهُمْ لا يُؤْمِنُونَ (١٠) اِنَّمَا تُنْـــذِرُ مَنِ اتَّبَـعَ الذِّكْرَ وخَشِيَ الرَّحْمانَ بِالغَيْبِ ، فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ واَجْرٍ كَرِيمٍ) (١١)

وە یەکسانە لەسەر ئەوان بیانترسێنی یا نەیانترسێنی ئەوان هەر ئیمان نایەنن • تۆ ئەو کەسانە ئەترسێنی کە پەیڕەوی قورئان بکەنو لە خودا بترسن لە پەنامەکییەوە • جا موژدە بدە بەو کەسانە بەوە کە خودا تاوانیان ئەبەخشێو پاداشێکی گەورەیان ئەداتێ •

(اِنَّا نَحْنُ نُحْيِ المَوْتى ونَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وآثَارَهُمْ . وكُلَّ شَيْءٍ اَحْصَيْنَاهُ فِي اِمَامٍ مُبِينٍ) (١٢)

ئێمە ئەو کەسەین کە مردوەکان زیندووئەکەینەوەو ئەو کردەوانەیش کە زوو کردوویانە لەگەڵ شوێنەوارەکانیانا هەمووی ئەنووسین • مەبەست لە شوێنەوار ئەوەیە کە : یەکێکیان فێری زانستو خوێندن کردبێ ، یا کارێزێکیان لێدابێ ، یا بیرێکیان هەڵکەندبێ ••• وە هەموو شتێکمان لە کتێبێکی دیاریدا کە (لوح المحفوظ)ە ژماردووەو ئامادەمان کردوە •

(واضْرِبْ لَهُمْ مَثَلاً اَصْحابَ القَرْيَةِ . اِذْ جاءَها المُرسَلُونَ (١٣) : اِذْ اَرْسَلْنا اِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُما . فَعَزَّزْنا بِثالِثٍ ، فَقالُوا : اِنّا اِلَيْكُمْ مُرْسَلُونَ) (١٤)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ چیرۆکو پەندی ڕووداوی خەڵکی دێکە ـ کە مەشهوورە بە خاوەنی دێی (ئەنطاکیە) ـ بێنەرەوە بۆ خەڵکی مەکە ؛ لەو کاتەدا فورستادەکانی حەزرەتی عیسا هاتن بۆی ، کاتێ کە دوو کەسمان لەوانە نارد لە پێشا ، جا ئەهلی دێکە ئینکاریان کردن ، جا پاش ئەوە یارمەتیمان دانو بەهێزمان کردن بە زەلامێکی تر ، واتە فورستادەیەکی سێهەممان لەگەڵ ناردن ، جا هەموویان وتیان : بە ئەهلی ئەو دێیە : ئێمە ڕەوانەکراوی حەزرەتی عیساین بۆ لای ئێوە ، یا وتیان : ئێمە خودا ناردووینی بۆ لای ئێوە •

(قالُوا : ما اَنْتُمْ اِلاّ بَشَرٌ مِثْلُنا وما اَنْزَلَ الرَّحمانُ مِنْ شَيْءٍ ، اِنْ اَنْتُمْ اِلاّ تَكْذِبُونَ !) (١٥)

ئەهلی دێکە بەو سێ کەسەیان وت : ئێوەیش ئادەمیزادن وەکو ئێمەو ، لەوە زیاتر نینو ، خودا کەسی نە ناردوە بۆ سەر ئێمەو ، ئێوە هیچ نین چەن ئینسنانێکی وا نەبێ کە درۆ بە دەم خوداوە ئەکەن •

(قالُوا : رَبُّنا يَعْلَمُ اِنّا اِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ (١٦) وما عَلَيْنا اِلاّ البَلاغُ المُبِينُ) (١٧)

ئەوانیش فەرموویان : خودای ئێمە ئەزانێ بە ڕاستی ئێمە بۆ لای ئێوە نێرراوینو . ئێمە هیچمان لەسەر نیە گەیاندنی فەرمانی خودا نەبێ **بە ئێوە •**

(قالُوا : اِنّا تَطَیَّرْنا بِکُمْ، لَئِنْ لَمْ تَنْتَهُوا لَنَرْجُمَنَّکُمْ، ولَیَمَسَّنَّکُمْ مِنّا عَذابٌ اَلیمٌ) (١٨)

خەڵکەکەی ئەنطاکیە بە فورستادەکانیان وت : ئێمە تەشائوم ئەکەین بە ئێوەو وتارو کرداری ئێوەمان بە لاوە باش نیە ، بە راستی ئەگەر دەسبەرداری ئەم وتارانە نەبن سزایەکی سەختتان لە لایەنی ئێمەوە پێ **ئەگاتو سەنگەسارتان ئەکەین •**

(قالُوا : طائِرُکُمْ مَعَکُمْ ، اَئِنْ ذُکِّرْتُمْ؟ بَلْ اَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ) (١٩)

ئەوانیش لە وەڵامی خەڵکەکەدا فەرموویان : ئێوە نەگبەتیو شەئامەتی خۆتان لەگەڵ خۆتانایە . نەك بە هۆی گەلێکەوە کە بێن باسی دینو پەیرەوی رەهبەرتان بۆ بکەن • ئایا هەر لەبەر ئەوە کە رێنومایتان کرا **تەشائوم ئەکەن ؟ نەخەیر هەر گەلێکی لە ئەندازە لادەرنو ناپیاونو سنووری عەقڵ راناگرن ، ئەگەرنا ئێمە خۆمانو وتارمانو کردەوەمان هەر پیرۆزو باشە •**

(وجاءَ مِنْ اَقْصی المَدینَةِ رَجُلٌ یَسْعی ، قالَ : یا قَوْمِ اتَّبِعُوا المُرْسَلینَ (٢٠) اتَّبِعُوا مَنْ لا یَسْأَلُکُمْ اَجْراً وهُمْ مُهْتَدُونَ) (٢١)

لە لای ژووروی شارەکەوە پیاوێ بە هەڵەدەوان هاتو گەیشتە **قەرەباڵغەکە کە قسەیان لەگەڵ فورستادەکانی عیسادا دەکرد ، وتی : ئەی گەلی من شوێن ئەم فورستادانە بکەون ، شوێن کەسێ بکەون کە داوای پاداشو کرێتان لێ ناکا لەسەر گەیاندنی پەیامی خوداو بانگکردنتان بۆ**

ڕێگەی ڕاست ، وە ئەوانـە کۆمەڵێکن خاوەن ڕوشدو بینایی‌و وریایین‌و لەسەر ڕێگەی ڕاست ڕۆیشتوون •

(وَمَا لِيَ لا أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ؟) (٢٢)

من چیم دەست ئەکەوێ لەوەدا کە بەندەیی بۆ ئەو خودایە نەکەم کە دروستی کردووم‌و ، ئێوەیشی دروستکـردوەو ، منیش‌و ئێوەیش بۆ لای ئەو ئەگێڕێینەوە ؟

(أَأَتَّخِذُ مِنْ دُونِهِ آلِهَةً ؟ إِنْ يُرِدْنِ الرَّحْمانُ بِضُرٍّ لا تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئاً . وَلا يُنْقِذُونَ (٢٣) إِنِّي إِذاً لَفِي ضَلالٍ مُبِينٍ (٢٤) إِنِّي آمَنْتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ) (٢٥)

ئایا من بێجگە لەو خودا کە دروستی کردووم چەن خودایێ تر بۆ خۆم دائەنێم ؟ ئەگەر جارێ لە جاران خودای میهرەبان لێم زویر بێ‌و گیرۆدەی زیانێکم بکا هیچ سوودێ نادا بە من تکاو پاڕانەوەی ئەوانەو لەو دەردو مەینەتەم رزگار ناکـا • ئەگـەر من وابم ئەڵبـەتە وام لـەناو گومڕاییەکی دیاریدا ، بە ڕاستی وا من ئیمانم هێنا بە خودای ئێوە ، دەی ئـەم ئیمان‌و ئیقرارەم لێ‌ببیسن • جا کە ئەم قسانەی کرد هێرشیان بۆ هێناو کوشتیان •

(قِيلَ : ادْخُلِ الْجَنَّةَ ! قالَ . يا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ (٢٦) بِما غَفَرَ لِي رَبِّي وجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ !) (٢٧)

جا هەر ئەوەندە گیانی دەرچو پێی وترا : بڕۆرە بەهەشتەوە ! واتە گۆڕەکەت بۆ بوە بـە بەهەشت ، ئەویش لـە گۆڕەکەیدا وتی : کاشکی گەلەکەم ئەیانزانی بەوە کە خودا لێم‌خۆش بوەو کردوومی بە ئینسانێکی بە ڕێزو داخلی کۆمەڵەی بەڕێزەکانی کردووم •

(وما أنزلْنا عَلى قَوْمِهِ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ جُنْدٍ مِنَ السَّماءِ ، وما كُنّا مُنْزِلِينَ (٢٨) إنْ كانَتْ إلا صَيْحَةً واحِدَةً فَإِذا هُمْ خامِدُونَ) (٢٩)

وە ئێمە لە پاش (حەبیبی نەجار) ـ ئەو کەسەی کە خەڵکی ئەنطاکیە کوشتیان ـ لە ئاسمانەوە سوپایەکمان نەنارد بۆ بەربادکردنی گەلەکەیی‌و شتی وەهایش ناکەین ، بەس هەر ئەوەندە هاتە جێ کە فریشتەی پیرۆزمان ناردو گرمەیەکی کرد بەسەر ئەو کافرانەداو کوتوپڕ هەموویان کووژانەوەو خامۆش بوون ، واتە مردن •

ریوایەت‌کراوە : خەڵکی شاری ئەنطاکیە بتپەرست بوون ، جا حەزرەتی عیسا ـ د ـ دوو کەسی لە یاریدەدەرەکانی خۆی ـ بولس‌و یوحنا ـ نارد بۆ لایان ، کاتێ نزیکی شارەکە بوونەوە حەبیبی دارتاشیان بینی‌و بانگیان کرد بۆ ئایین ، ئەویش وتی : ئایا موعجیزەیەکتان لە لایە ؟ وتیان : بەڵێ ئێمە شیفای نەخۆش ئەدەین بە ئیذنی خوداو ، کوێری سکوما خۆش ئەکەینەوە ، ئەویش لەو کاتەدا منداڵێکی نەخۆشی هەبوو هێنای بۆ لایان‌و ، دەستیان هێنا بە لەشیاو چاك بوەوە ! ئەم قسە لە شارەکەدا بڵاوبوەوە ، هەتا پادشا بیستی‌و ناردی بە شوێنیانا ، کاتێ هاتن‌و قسەیان لەگەڵ پادشادا کرد ، پادشا حەپسی کردن • کاتێ حەزرەتی عیسا ئەمەی بیست بانگی کرد لە شەمعوون‌و ناردی بۆ لای خەڵکی ئەنطاکیە بەڵکو ئەم ببێ بە هۆی بەرەڵاکردنی ئەو دووانە ، جا رۆیشت‌و گەیشت بە دەستەو دایرەی پادشای وڵات‌و گفتوگۆی لەگەڵا کردن‌و ، بە هۆی ئەوانیشەوە گفتوگۆی لەگەڵ پاشادا کردو ، کارێکی وای کرد کە پاشا حەپسییەکان بەربداو پاشا بەری‌دان‌و ئیمانیان پێ‌هێنان ، بەڵام قەرەباڵغێکی زۆر لە خەڵکی شارەکە

لەسەر ئەو کوفرە مانەوە • بە ریوایەتێ تر ئەڵێن : پاشا قاری گرت لە شەمعوونیش وەکو ئەو دوانەکان •

بەهەرحاڵ • کاتێ حەبیب بەمەی زانی لە لاژوورووی شارەوە بە هەڵەداوان هات بۆ لای ئەو سێ فورستادەیەو ، رووی کردە گەلەکەیی‌و وتی : ئای ئەم سێ کەسە داوای پاداش ئەکەن لە ئێوە بەرابەر بە تەبلیغات ؟ وتیان : نەخەیر • وتی : دەی چاك وایە ئیمانیان پێ‌بێنن‌و ، ئەمانە چەن کەسێکی پاکی شارەزای حەقن‌و ، من ئەبێ چیم دەست بکەوێ ئەگەر بەندەیی بۆ خودای خۆم نەکەم ؟ ئەو خودایە کە لە نەبوون دروستی کردووم‌و ئەنجامی هەموومان هەر بۆ لای ئەوە • چۆن من بێجگە لەو خودای پەروەردگارە کەسێ تر بە خودا ئەگرم بۆ خۆم ؟! ئەگەر خودا خواستی لەسەر زیانم بێ بە هیچ جۆر تکاو رجای کەسێ تر سوودم پێ نادا ، ئەگەر کاری وا بکەم من لە گومڕاهیدا ئەبم ، حاشا من قەت شتی وا ناکەم • وە بزانن کە من بە راستی ئیمانم بە پەروەردگاری خۆم هێناوە ، دەی خەڵکە لێم ببیسن •

کاتێ حەبیب بە دڵگەرمییەوە ئەم قسانەی کرد گەلەکە هێرشیان بۆ هێنان‌و حەبیب‌و فورستادەکانی عیسایان کوشت ، هەر بە کوشتن‌و گیان‌دەرچوونیان موژدەی بەهەشتیان پێ درا ، ئەویش ئەو تەمەنایە کرد ئەگەر گەلەکەی ئاگادار بوونایە لەم میهرەبانی خودایەو لەم بارە گەورە کە پێی بەخشیوە •

لێرەدا تێبینیەك هەیە ، لە ریوایەتێکدا هەر کۆمەڵە کافرەکان ئەمانەیان کوشت‌و پادشاو دەستەو بەستەکەی موسوڵمان بوون ، بەڵام بێ‌دەسەڵات بوون‌و بەرهەڵستییان پێ نەکرا •

وە لە ریوایەتێ ترا : پادشایش هەر بە کافری مایەوەو بە هەموویـــان ئەم کارەیان کرد • ئەوەی لە ئایەتەکە وەرئەگیرێو قارگرتنی خودایش لـە گشتیان پشتگیری ئەم رای دواییە دەکەن •

(يا حَسْرَةً على العِبادِ ! ما يَأْتِيهِمْ مِنْ رَسُولٍ إلَّا كانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٣٠)

ئەی غەمو پەژارە بۆ بەندەی بەدبەختی ئاوارە ! ئەوەندە سیاچارەیـە کاتی هەلی پیرۆزی خۆی هەڵە ئەکا ، لە باتی ئەوە کاتێ رەهبەرێ تەشریفی هێناو پەیامی بەختیاری بە خەڵکا راگەیاند هەموو بە دڵو داواوە بکەونــە شوێنی ، کەچی قەت نەبوەو نابێ پێغەمەری رەهبەریان بۆ بێت ئیللا ئەڕۆن بە سووکی بۆی ئەڕوانن‌و بە دەوری نوختەی لاوازیدا ئەگەڕێن‌و ، شوێن باوەڕی راست ناکەون •

(أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنَ القُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لا يَرْجِعُونَ ؟) (٣١)

ئایا نەیانزانیوە کە چەن قەرنمان لە پێش ئەوانا بەربا کردوە لـەبــەر ئەوە بەرابەر بەوان بێ‌شەرمییان کرد ؟

(وَإِنْ كُلٌّ لَمَّا جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ) (٣٢)

وە بە راستی هەموو ئەم گەلانە لە لای ئێمەدا حازرئەکرێن بۆ حسێبی کردەوەو وەرگرتنی تۆڵەو پاداشیان •

(وَآيَةٌ لَهُمُ الأَرْضُ المَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا ، وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ (٣٣) وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِنْ نَخِيلٍ

وَأَعْنَابٍ . وَفَجَّرْنَا فِيهِ مِنَ الْعُيُونِ (٣٤) لِيَأْكُلُوا مِنْ ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ! (٣٥)

سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا . مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ) (٣٦)

وە بەڵگەیەکی گەورەو رووناکە بۆ ئەوان لەسەر وجوودو تەوانایی ئێمە ئەمە کە ئەو زەویە مردوە وشکە بێ‌گوڵو گیایە بە باران زیندوو ئەکەینەوەو ، ئەو تۆمانە وان لە سکیا دەریان ئەکەینو پێیان ئەگەیەنینو دانەوێڵەی وەکو گەنمو جۆو زەڕاتو برنجو ... وێنەی ئەوانەیان لێ دەرئەکەینو ، لەوانە ئەخۆن بۆ ژیوار . وە لەو زەویەدا چەن بەهەشتێ واتە باخو بێستانی پڕ لە دارخورماو ترێو غەیری ئەوانەیش دروست ئەکەین ، وە چەن سەرچاوەمان لێ هەڵقوڵاندوە بۆ ئەوە کە لە بەری ئەوانە بخۆن ، هەروەها لەوانەیش کە خۆیان دروستی ئەکەن وەکو دۆشاوی خورماو ترێو شەربەتی هەنارو پرتەقاڵو ... غەیری ئەوانە . ئایا هێشتا سوپاسی خودا ناکەن ؟

جا دوورو بەری لە عەیب ئەو خودایە کە ئەنواعو ئەصنافی خواردەمەنی لەوانە دروست‌کردوە کە زەوی ئەیانڕوێنێو ، ئەصنافی ئینسانی نێرو مێی دروست‌کردوە لە شەخصی خۆیانو چەن جۆری تری لەوانە دروست‌کردوە کە هێشتا ئەوان نەیانزانیونو علمیان پێی نەگەیشتوە .

(وَآيَةٌ لَهُمُ : اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُمْ مُظْلِمُونَ) (٣٧)

وە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر تەواناییی ئێمە ئەوە کە پێستی سپیو جوانی ڕۆژ لە شەوی تاریك دائەڕنین ، جا کوتوپڕ ئەوان ئەکەونە ناو تاریکییەوە •

واتە ئەم کورەی زەوییە لە کاتی شەوی تاریکدا وەکو گۆشتی مەڕێ وەهایە کە ڕەشەگۆشتێکی موناسبی بێو ڕووناکی ڕۆژ لەسەریا وەکو پێستێکی خوری سپی وایە کە ئەو ڕەشەگۆشتەی داپۆشی بێ . کاتێ ویستمان زەوی تاریك بکەین ئەو پێستە سپیە جوانەی لێدائەڕنین وەکو حەیوانێ لە پێست دەربێنیو ، تاریکی شەو بۆ هەموو کەس دایێو ئەکەونە ناو تاریکییەوە •

جا لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەتوانی نەفسی شەو بکەی بە ئایەت بۆ گەورەیی خوداو ، ئەیشتوانی داڕنینی پێستی ڕۆژی لەگەڵدا ئیعتیبار بکەیو ظاهیری ئایەتەکە ئەمەیە •

(وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٣٨) وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ (٣٩) لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ ، وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ، وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ) (٤٠)

وە ئەو ڕۆژە ڕووناکە کە ئێوە ئەیبینن هەمیشە بە ڕێگەی خۆیا ئەڕوا هەتا ئەو کاتە بە فەرمانی خودا ئەوەستێو لە جووڵە ئەکەوێ •

کاتێ خۆی لەسەر بیرو باوەڕی وێنانیەکان خەڵك وایان ئەزانی کە ڕۆژ بە دەوری زەویدا ئەخولێتەوەو ، تەئویلی ئەم ئایەتەیان لەسەر ئەو بیرە ئەکرد • وە پاش ماوەیێ بە بەڵگەی زانستی دەرکەوت کە زەویو ئەستێرە

خولۆکه‌کانی تر به ده‌وری رۆژا ئه‌گه‌ڕێن‌و ئه‌سووڕێنه‌وه ، وه رۆژ لـــه‌و شوێنی خۆیه‌داو به ده‌وری مـه‌رکـه‌زی خۆیـا خول‌ئه‌خـوات • وه پـاش ماوه‌یه‌کی تر بۆیان ده‌رکه‌وت که رۆژ وه‌کو بـه ده‌وری خۆیـا ئه‌خولێته‌وه هه‌روا له‌گه‌ڵ ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ی خۆیا که مه‌شهوورن به (مه‌جموعه‌ی شه‌مسییه) له عاله‌ما ئه‌جووڵێ‌و ئه‌ڕواو به‌م شێوه ده‌وام ئه‌کا هـه‌تـا خـــودا ئیراده‌ی وێرانکردنی ئه‌م عاله‌مه ئه‌کا •

وه (سیاره) خولۆکه‌کان به ده‌وری خۆیانا ئه‌سووڕێنه‌وه‌و هه‌روا به ده‌وری رۆژیشدا ئه‌سووڕێنه‌وه • بۆ نموونه : ئه‌ڵێن : کوره‌ی زه‌وی لـــه له‌شا ملیۆن‌یه‌کی رۆژه ، واته رۆژ ملیۆنێ جار له زه‌وی گه‌وره‌تره •

وه ئه‌م زه‌وییه هه‌موو بیست‌وچوار سه‌عاتێ به ده‌وری مه‌رکه‌زی خۆیا هه‌ڵئه‌سووڕێ‌و به‌م هه‌ڵســـــووڕانه شــــه‌وو رۆژ په‌یدا ئه‌بێ‌و له ماوه‌ی ساڵێکیشدا جارێ به ده‌وری رۆژا ئه‌سووڕێته‌وه‌و ، به‌م هه‌ڵســــــووڕانـه به‌هارو هاوین‌و پایزو زستان بۆ بازێ وڵات پـه‌یـدا ئه‌بێ‌و ، بۆ بازێ تـر جۆرێ تره •

وه ده‌رکه‌وت کـــه قورئانی پیرۆز موعجیزه‌یـه‌و حه‌قیقه‌تی جووڵانی رۆژی ده‌رخست به پێچه‌وانه‌ی گومـانی خه‌ڵـك ، وه ئـه‌م جووڵانـه‌یش ته‌قدیری ئه‌و خودایه که خاوه‌ن عیزه‌ته‌و زانایه به هه‌موو شتێ •

وه مانگیشمان کردوه به خاوه‌ن پایه‌و شێوه‌ی جیاجیا ، له یـه‌کـــه‌م شه‌ودا وه‌کو ده‌مه داسێکی لاواز ده‌رئه‌که‌وێ‌و ، بۆ شه‌وی دووهه‌م که‌مێ زیاد ئه‌کا ، هه‌تا له شه‌وی چوارده‌دا پڕ ئه‌بێته‌وه ، جا به پێچه‌وانه‌ی یه‌کـه‌م جار ورده ورده بچووك ئه‌بێته‌وه ، هه‌تا له کۆتایی مانگدا شه‌وێ ون ئه‌بێ ، ئه‌مجار دووباره له سه‌ره‌تای مانگی تازه‌وه وه‌کو لقه خورمایـه‌کی کـــۆنی چه‌ماوه ده‌رئه‌که‌وێ •

نەرۆژ ئەتوانێ‌و بۆی ئەکرێ لە چەسپانیدا بگا بە مانگ ؛ واتە لە سی یا بیست‌و نۆ رۆژا وەکو مانگ چەرخەی خۆی تەواو بکاو ، نەمانگیش ، کە ئەستێرەی شەوە ، ئەتوانێ بگا بە رۆژ ، واتە وەها بە سستی‌و لاوازی لە مەداری خۆیدا بگەڕێ هەتا لە سالێکدا چەرخەیەك تەواو بکا •

وە یاخود بلێ : نە شەو ئەتوانێ پێش رۆژ بکەوێ بەم مەعنا نەیەلێ رۆژ بێتە جێ ••• واتە ئەمانە نابن ، وە پێویستە لەسەر ئەم یاسا جوانە دەوام بکەن ، وە هەرکام لەم مانگ‌و رۆژە بەلکو لە باقی ئەستێرەکانیش لە مەداری خۆیاو لە فەلەکی خۆیا ئەسووڕێتەوە ، بە بێ ئەوە کە یەکێکیان بەرهەلستی ئەوی تر بکا ، وەکو خودا فەرموویە : (وكل في فلك يسبحون) •

وە بۆ هەرکام لەم ئەستێرانە مەدارێ هەیە ، یانی لە عورفی قورئاندا (فەلەك)ێ هەیە ئەو ئەستێرەی تیادا دەسووڕێتەوەو لێیدەرناچێ ، وە هەرکام لەمانە لەگەل یەکێ ترا مەسافەیەکی وای هەیە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە ، بۆ وێنە مەسافە لە نێوان زەوی ئێمەو رۆژا دوو صەدو چل ملیۆن میلە ، وە لە نێوان زەوی‌و مانگدا نەوەدو سێ ملیۆن میلە ، وە هەرچی ئەسێرە بە چاو ئەبینرێن ، گەورەو بچووك ، دوورو نزیك ، هەموو وان لە یەکەم ئاسمانا لەسەر زاهیری ئایەتی (انا زينا السماء الدنيا بمصابيح) واتە ئێمە ئاسمانی نزیکمان بە گەلێ چرای پڕتەودار ـ کە ئەستێرەکانە ـ جوانکردوە •

هەروا بە زاهیری ئایەت ئەبێ بەهەشت نزیك بێ لە (سدرة المنتهى)وە کە لەسەر زاهیری حەدیث وا لە ژووری هەر حەوت ئاسمانەکانەوەو ، ئەم ئاسمانانە هەموو (ئەجسامی ئەثیری)ن زانین‌و دۆزینەوەی حەقیقەتەکەیان حەوالەی زانست‌و لێکۆلینەوەی زانیارییانەیە •

(وآيَةٌ لَهُمْ : انَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (٤١) وخَلَقْنَا لَهُمْ مِنْ مِثْلِهِ ما يَرْكَبُونَ (٤٢) وإنْ نَشَأْ نُغْرِقْهُمْ ، فَلا صَرِيخَ لَهُمْ ، ولا هُمْ يُنْقَذُونَ (٤٣) إلاَّ رَحْمَةً مِنَّا ومَتَاعاً إلى حِينٍ) (٤٤)

وه به‌ڵگه‌یه‌کی گه‌وره له‌سه‌ر ته‌واناییو میهره‌بانیم له‌گه‌ڵ ئاده‌میزادا ئه‌وه‌یه : که ئێمه نه‌وه‌ی ئاده‌میزاده‌کانمان له پشتی باپیره‌کانیانا له‌ که‌شتیه‌که‌ی نوحدا ـ د ـ هه‌ڵگرتوه •

یاخود به‌ڵگه‌یه‌کی گه‌وره‌یه له‌سه‌ر خواستی ئێمه بۆ که‌سبی ژیانو ژیواری باش که ئێمه نه‌ته‌وه‌ی ئاده‌میزاد له که‌شتی بازرگانیدا هه‌ڵئه‌گرین له‌سه‌ر رووی ده‌ریای دوورو درێژدا ، به هێزی ئه‌و زانیارییه‌ی پێمداون ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که که‌شتیه‌کان پڕن له ئینسان یا له خوارده‌مه‌نیو له وڵاتی دووره‌وه ئه‌یانگه‌یه‌نم به مه‌به‌ستی خۆیان ، وه له وێنه‌ی ئه‌و که‌شتیانه‌یش شتی وام بۆ دروستکردوون که له رووی یا له بنی ده‌ریادا ، یا له سارادا یا له بۆ شایی هه‌وادا سواری ئه‌بن • وه ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ بیانخنکێنین ئه‌یانخنکێنین له ناو ده‌ریاداو ، هه‌ناسه‌یان ئه‌بڕین له فه‌زاداو هیچ فه‌ریادڕه‌سیان بۆ نابیو نه‌جات نادرێن له مردن مه‌گه‌ر به هۆی میهره‌بانی منه‌وه نه‌بێ بۆ ئه‌وانو بۆ خۆشی پێدانیان تا کاتی دیاری •

(وإذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا : ما بَيْنَ أيْدِيكُمْ ومَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) (٤٥)

هه‌ر کاتێ له رووی ئامۆژگارییه‌وه به‌و کافرانه بوترێ : خۆتان له سزای دنیاو قیامه‌ت بپارێزن ، واته گوناح مه‌که‌ن به‌ڵکو خودا ره‌حمتان پێ بکا ، ئه‌وان گوێ به‌و ئامۆژگارییه ناده‌نو زۆرتر روو ئه‌که‌نه تاوانکاری •

﴿ وما تأْتيهِمْ مِنْ آيةٍ مِنْ آياتِ رَبّهِمْ إلاّ كانوا عَنْها مُعْرِضينَ ﴾ (٤٦)

وە هیچ ئایەتێ لە ئایەتی خودا نایێ بۆ لای ئەوان بۆ ئەوە پەندی لێ وەربگرن ئیللا ئەوان ئیعرازی لێ ئەتێن •

﴿ وإذا قيلَ لَهُمْ : أنفِقوا مِمّا رَزَقَكُمُ اللهُ قالَ الّذينَ كَفَروا لِلّذينَ آمَنوا : أنُطْعِمُ مَنْ لَوْ يَشاءُ اللهُ أطْعَمَهُ !؟ إنْ أنْتُمْ إلاّ في ضَلالٍ مُبينٍ ﴾ (٤٧)

کاتێ بە کافرە دەوڵەمەندەکان بوترێ : کە شتێ لـە دارایی خۆتان صەرف بکـەن بۆ هەژارانو داماوان ، ئـەوە ئـەو کافرانـە دەڵێن بـە موسوڵمانەکان : چۆن خۆراك ئەدەین بە کەسانێ کە ئەگەر خودا مەیلی لەسەر ژیانی بوایێ خۆی خۆراکی ئەدایێو ئەیژییان ؟! ئێوە ئەوە نەبێ هان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا شتێکی تر نین •

﴿ ويَقولونَ : مَتَى هذا الوَعْدُ إنْ كُنْتُمْ صادِقينَ ؟ ﴾ (٤٨)

ئـەو کافرانـە بـە موسوڵمانەکان ئـەڵێن ـ لـە رووی سەرپێچیو ئیستینکارەوە ـ : ئەو بەڵێنی سزایە کە داوتە بـە ئێمە کەی دێتەجێو ؟ کوانێ بۆچی دیار نیە ؟

﴿ ما يَنْظُرونَ إلاّ صَيْحَةً واحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وهُمْ يَخِصِّمونَ (٤٩) فَلا يَسْتَطيعونَ تَوْصِيَةً ولا إلى أهْلِهِمْ يَرْجِعونَ ﴾ (٥٠)

ئەو کافرانە کە وا بە گاڵتەوە داوای وادەی هاتنی سزا ئەکەن چاوەڕێ ناکەن بۆ تاقە دەنگێکی ناباری فریشتەی فەرمانبەری سزا نەبێت کە بیانگرێت لە کاتێکدا کە ئەوان لەناو خۆیانا خەریکی بگرەو بەردەو دەمەقاڵەو کێشەن لەسەر کارو باری دنیاو ، بێئاگانو بیریان بۆ لای مردن ناچێت ، وە لەو کاتەدا کە ئەوان ئەو دەنگو گرمەی فریشتەی سزایانە بەسەردا دێت ماوەی ئەوەیان نیە کە ئامۆژگاریو وەصیەت بکەن بۆ دانەوەی مافی خەڵکو قەرزو قۆڵەی بەندەکانی خودا ، وە نایشتوانن بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ ناو خزمو خێزانو منداڵیان •

(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ، فَإِذَا هُمْ مِنَ الأَجْدَاثِ إِلى رَبِّهِمْ يَنْسِلُونَ) (٥١)

وە لە کاتی هاتنی رۆژی قیامەتا فوو ئەکرێ بە (صور)ا ، جا کوتوپڕ ئەوانەو - خەڵکی تریش بە گشتی - زیندوو ئەکرێنەوەو لە گۆڕەکانیان دەردەچنو سەر بەرزدەکەنەوەو بەرەو قەرارگای عالەم بۆ حساب بەڕێدەکرێن •

(قَالُوا : يَا وَيْلَنَا ! مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا ؟ هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ (٥٢) إِنْ كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً ، فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ) (٥٣)

جا لەو کاتەدا ئەڵێن : ئەی هاوار بۆ ئێمە ! کێ ئێمەی زیندووکردەوەو راستیکردینەوە لەم گۆڕو شوێنی نوستنمانەدا ؟ ئەمە ئەوەیە کە خودای میهرەبان وەعدەی پێدابووینو پێغەمەرە رەوانەکراوەکان راستیانفەرموو •

وە ئەم رووداوە کە هاتەجێ لەسەریان تەنها دەنگێکی ترسناکی خودایی بو لەگەڵ خواستی خودادا بۆ زیندوبوونەوەی مردوەکان ، کە ئەو دەنگە

هاتەجێ ئیتر بە بێ مۆڵەت هەموو لە لای ئێمەدا حازرکران ، واتە کوتوپڕ لە پاش دەنگەکە زیندووبوونەوە ، ئەمجار فریشتەی فەرمانبەری تایبەتی دانیەبەر بۆ شوێنی پرسیارو حساب •

(فَالْيَوْمَ لا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئاً ، ولا تُجْزَوْنَ إلاَّ ما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٥٤)

جا لە ئیمڕۆدا هیچ نەفسێ کەمو زۆر ستەمی لێناکرێو ، ئێوە پاداش نادرێنەوە یان تۆڵەتان لێناسێنرێ بە گوێرەی کردەوەی خۆتان نەبێ •

(إنَّ أصْحابَ الجَنَّةِ اليَوْمَ فِي شُغُلٍ فاكِهُونَ (٥٥) هُمْ وأزْواجُهُمْ فِي ظِلالٍ عَلى الأرائِكِ مُتَّكِئُونَ (٥٦) لَهُمْ فِيها فاكِهَةٌ ، ولَهُمْ مَا يَدَّعُونَ (٥٧) سَلامٌ قَوْلاً مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ) (٥٨)

ئەوانە کە ئەهلی بەهەشتن ئیمڕۆ وان لە ناو نیعمەتو خۆشیدا بە جۆرێ کە ئەوان مەنع ئەکا لە شتی ترو لەزەت وەرئەگرن لە هاوڕێتیو لە نیعمەتو لە نیشاطی رۆح ، ئەو کەسانە خۆیانو خێزانەکانیان وان لەبەر سێبەراو ، لەسەر تەختی جوانلەخت پاڵ ئەدەنەوە ، وە بۆ ئەوان هەیە میوەی عادەتیو ، بۆ ئەوان هەیە هەرچی داوا بکەن لەوەی کە نەفس داوای بکاو چاوپێی رووناك بێتەوە ، وە بۆ ئەوان هەیە لە لایەنی خودای تەعالاوە سەلام ، کە فەرموودەیەکە لە لای خودای میهرەبانەوە ، واتە یا خودا خۆی سەلامیان لێ ئەکا بۆ رێزلێنانیان ، یا فریشتە بە فەرمانی خودا دێن سەلامیان لێ ئەکەن •

(وامْتازُوا اليَوْمَ أيُّها المُجْرِمُون !) (٥٩)

وه له‌و کاته‌دا که موسو‌ڵمانه پاکه‌کان ئه‌ڕۆن بۆ به‌هه‌شت له لایه‌نی مه‌لائیکه‌وه بانگ له کافره‌کان ئه‌کرێ‌و پێیان‌ئه‌وترێ : که خۆتان بکه‌نه‌وه‌و له موسو‌ڵمانه‌کان جیابینه‌وه ئه‌ی تاوانباره‌کان •

(أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ : أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ ؟! (٦٠) وَأَنِ اعْبُدُونِي هَٰذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ (٦١) وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنْكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ، أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ ؟) (٦٢)

له لایه‌نی خوداوه بانگیان لێ‌ئه‌کرێت : ئایا من به هۆی ره‌هبه‌ره‌کانه‌وه عه‌هدم له‌گه‌ڵ نه‌کردن‌و ئامۆژگاریم نه‌کردن ــ ئه‌ی ئاده‌میزاد ! ــ که به‌نده‌یی بۆ شه‌یتان نه‌که‌ن ؟! واته مه‌که‌ونه شوێن بیرو رای ئه‌و • به راستی شه‌یتان دوژمنێکی ئاشووب‌خوازو فیتنه‌هه‌ڵسێنه‌و ئینسان خه‌ڵه‌تێنێکی دیارییه‌و به‌نده‌یی هه‌ر بۆ من بکه‌ن‌و ، هه‌ر کرده‌وه‌یه‌کتان کرد له‌به‌ر من بیکه‌ن گوێ به هیچ مه‌ده‌ن له به‌نده‌یی‌کردندا ؟ ئه‌مه‌یه رێگه‌ی راست • بێگومان شه‌یتان چه‌ند تاقمی له ئێوه گومڕا کرد نه‌ك یه‌ك‌و دوو ، به‌ڵكو به ژماره‌یه‌کی زۆرو ، ده‌رکه‌وت بۆ ئاده‌میزادی خاوه‌ن هۆش که په‌یڕه‌وی شه‌یتان ناشیرینه ، هێشتا هه‌ر عه‌قڵ ناگرن‌و له حیله‌کان حاڵی نابن ؟

(هَٰذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٦٣) اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ) (٦٤)

ئه‌م دۆزه‌خه که وا له پێش چاوتانا ئه‌و دۆزه‌خه‌یه که ئێوه‌ی پێ‌ئه‌ترسێنرا ، ده‌ی بڕۆنه ناویه‌وه‌و ئه‌مڕۆ سزاکه‌ی بچێژن •

(اليَوْمَ نَخْتِمُ عَلى اَفْوَاهِهِمْ ، وتُكَلِّمُنَا اَيْدِيهِمْ ، وتَشْهَدُ اَرْجُلُهُمْ بِما كانُوا يَكْسِبُونَ) (٦٥)

ئەمڕۆ کە ڕۆژی لێکۆڵینەوەی دەفتەری بیرو باوەڕو کردەوەیە مۆر ئەنێین بە سەردەمیاناو قسەیان پێناکرێو ، دەستەکانیان دێنە زمانو قسەمان بۆ ئەکەنو ، قاچەکانیان شایەتی ئەدەن بەو کردەوانە کە کردوونیان •

جا کە ئەندامەکانی لەشی ئینسان خۆی لێی بێنە دەمو کردەوەکانی بە ڕاستی دەربخەن ئیتر قسەی کێ بایەخی هەیە هەتا ببێ بە موحامی بۆ ئەو تاوانبارانە ؟

(ولَوْ نَشَاءُ لَطَمَسْنَا عَلى اَعْيُنِهِمْ فاسْتَبَقُوا الصِّرَاطَ ، فَاَنَّى يُبْصِرُونَ ؟ (٦٦) ولَوْ نَشَاءُ لَمَسَخْنَاهُمْ عَلى مَكانَتِهِمْ ، فَمَا اسْتَطَاعُوا مُضِيّاً ، ولاَ يَرْجِعُونَ) (٦٧)

ئێمە ئەگەر مەیلمان لێ بێ چاوەکانی ئەو کافرانە ساف ئەکەین لەگەڵ گۆشتەکەیا کە شوێنەواری بەدەرەوە نەمێنێ ، وە یا خود هەموو شوێنی چاوەکە ببێ بە گۆشتێکی عادەتی وەکو ڕوخسار ، جا کاتێ بیانویستایە بڕۆن بە ڕێگەیەکدا ئەوانە کێبەرکێیان ئەکرد لەگەڵ هاوڕێکانیانا بۆ پێشکەوتن لە ڕێگەدا ، بەڵام پاش ئەو سافکردنی چاوە چۆن چاوی ئەبینێ ؟ وە ئەگەر خواستمان ببێ ئەوان لە شوێنی خۆیانا دائەکوتین ، جا ئیتر تەوانای ئەوەیان نامێنێ بڕۆن بۆ لای مەبەستەکەیانو ، نایشتوانن بگەڕێنەوە •

(ومَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الخَلْقِ ، اَفَلا يَعْقِلُونَ ؟) (٦٨)

وە هەرکەس تەمەنی زۆر بکەینو بگاتە تەمەنی پیری هەڵیئەگێڕینەوە لە وەزعی زیادکردنی مادەو خوێنی لەشا ئەوسا مانگ بە مانگ زیادمان ئەکرد ، ئێستە رۆژ بە رۆژ کەمو کووڕی ئەکەینەوە لە مادەو خوێنی لەشا ، ئایا ئیتر ئەمانە نازانن خودایێ کە ئەمانەی پێ بکرێ ئەیشتوانێ چاوەکانی ساف بکاو بە گۆشت دایانپۆشێو ئینسان لە شوێنی خۆیا دابکوتێتەوەو لە جوولەی بخا هەتا ئەمرێ ؟

(وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ ، وَمَا يَنْبَغِي لَهُ ، إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ (٦٩) لِيُنْذِرَ مَنْ كَانَ حَيّاً،وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ) (٧٠)

یانی ئێمە بە ناردنی قورئانی پیرۆز بۆ سەر محەمەد ـدـ یاسای هۆنینەوەی شیعرمان نیشانی محەمەد نەداوەو ئەو کارەیش شیاوی پایەو شانی ئەو نیە •

وە ئەمە کە ناردوومانە بۆ ئەو هەر زیکری خودایەو ئیرشادی هۆشیارانە بۆ رێگەی پیرۆزی هەردو دنیاو قورئانێکەو کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانیە،کە ئاشکراو رووناکە •

وە بۆ ئەوە ئەم قورئانەمان بۆ ناردوە هەتا محەمەد ئەو کەسانەی لە سزای قیامەت پێ بترسێنێ کە هۆشیارنو دڵیان زیندوە ، وە بۆ ئەوەیش سزادانو سزای قیامەت دابمەزرێو قەرار بگرێ لەسەر کافرەکان •

ئایەتی (وما علمناه الشعر •••) بەرپەرچی قسەی کافرەکان ئەداتەوە کە ئەیانوت : (محەمەد شاعیرەو ، ئەوەیش ئەیخوێنێتەوە شیعرە) •

جا بەڵگەی ئەوە کە قورئان شیعر نیە : قورئان لە شێوەو رستەو شێوازدا لە شیعر ناچێ ؛ چونکی لەسەر کێشو قافیەی شیعر نیە ، لە

بەحرەکانی شیعری عەرەبی ناچێ کە ناوو شێوەیان ناسراوو زانراوە • هەروەها لە مەعنایشدا لە شیعر ناچێ ؛ چونکی مەعنای شیعری عەرەب لەسەر پیاهەڵدانو ستایش یا جنێوی درۆیە ، وە یا لەسەر هەڵنانە لە شتی پووچدا ، وە یا لەسەر دوورخستنەوەیانە لە شتی باش وە ئەم قورئانە یا خودا بە یەکناسیو زیکری خودایە ، یا وەعدو وەعیدە ، یا ئەحکامی بەندەیی خودایە یا رێنوماییە بۆ رەوشتی جوان •

وە بەڵگەی ئەوە کە شیعر بۆ حەزرەت ناشێ ئەوەیە : ئەگەر شیعرەکە لە بابەتی شتی موخالیف بۆ واقیع بێ ئەوە لەگەڵ پایەی رەهبەریدا رێك ناکەوێ ، وە ئەگەر شتی واقیعیش بێ هەر بۆ حەزرەت دەس نادا ؛ چونکی لەبەر ئەوە کە شاعیران زۆربەیان سەرگەرمی وتاری ناشیرینو هەرکەسێ وابێ عەیبدار دێتە پێشچاو ، وە ئەو پلەو پیرۆزییە کە بۆ پێغەمەران هەیە لە دڵی خەڵکدا دوورئەکەوێتەوەو پلەی شیعر لە پلەی پێغەمەری کەم دەکاتەوە •

جا پێویستە بزانن :

قورئانی پیرۆز دوورە لە ئەشعار
بە وێنەی دووری نووری حەق لە نار
رشتەی هۆنراوە ئەبێ وەهابێ
خاوەن کێشی راست،هەم (مقفی) بێ
لە دوو مەصرەعدا حەرەکەو سوکوون
بە قەدەر یەك بن بۆ بوونو نەبوون
مەعنای ئەشعاریش موخەییەلاتە
خیلافی کاری رووی سەربساتە
زەمی بێجێگەو ثەنای نارەوا
تاریکی بۆ رۆژ پرتەو لە شەوا

هـــه‌ر موبالـــه‌غـــه‌و له‌طیفی حیـــله
بۆ ره‌واجی شـــیعر بوو بـــه وه‌سیله
ناشێ بۆ پایـــه‌ی به‌رزی ره‌هبـــه‌ری
نیشـــانه‌و ناوی شـــیعرو شـــاعیری
هه‌رکه‌س له چه‌رخا ئه‌ژی بـــه شانێ
ئه‌دۆزرێتـــه‌وه بـــه ناونیشـــانێ
نیشانه‌ی شه‌خصی رووحیو قودسیه
یاخود داراییو بـــه‌رزی کورســـیه
نیشـــانه‌ی خاریج ئه‌غلّه‌ب یارانـــه
یـــانی ره‌فیـــقی رۆزگـــارانـــه
ئه‌گه‌ر شاعیر بێ ئه‌بێ به هاوشـــان
بۆ خاوه‌ن به‌زمو نـــه‌زمی په‌رێشـــان
چون گه‌لێ شاعیر له شوعوور دوورن
بێبه‌ش له پرتـــه‌و بێبـــاره‌ی نوورن
واتـــه‌یـــان ئه‌غلّه‌ب له‌سه‌ر نوقصانه
بۆ نه‌شری عه‌یبو نه‌قصی ئینســـانه
یـــا لـــه بۆ مه‌دحو ثـــه‌نـــای درۆیـــه
یانی هه‌ده‌فیـــان جـــه‌والّو جـــۆیـــه
یان له‌ســـه‌ر شـــه‌وقی شه‌هوه‌ترانییه
له‌ســـه‌ر ته‌وجیهی رێی نه‌فســـانییه
که‌میـــان بـــه حیکمه‌ت دێنه حیکایه‌ت
دوورنه‌که‌ونه‌وه لـــه بای شـــیکایه‌ت
جا گه‌لێ دووره له پایـــه‌ی ســـه‌روه‌ر
به ئیلقای ئه‌شـــعار ببێ به ره‌هبه‌ر

* * *

بێجگە لەمانــە بــە ڕووی ئەمــانــە
یــەکێ بــڕوانێ بــۆ لای زەمــانــە
ئەزانێ حەزرەت لــە پێش ڕەهبەری
چل ســـاڵ مایەوە بێ پێغــەمــەری
فاریغ لــە شانو نیشــانەی ڕەسوول
دوور لە تەشریعی فورووعو ئوصوول
کەس نەیدی بدوێ بـــە هۆنینــەوە
بۆ شــەرحی باسێ لــە ڕووی دینەوە
لــە پاش چــل ساڵەیش ناگەڕێتەوە
صــیاغەی ئەشـــعار بدۆزێتەوە

★ ★ ★

بەڵێ ئەیـزانی ئەییـــامی عــەرەب
زۆر ئاگــادار بو لــە ئەهلی ئــەدەب
فەرمووی بە لەفزی گەوهەردانەی بەحر
لە وەصــفی بەیان یا تاریفی شــیعر
بــازێ لــە بــەیـان عەینی حیکمەتــە
بازێ لە شیعریش سیحری ئوممەتــە
لەگــەڵ ئەمەیشــا مەقامی ڕەهبەر
بــەرزە لــەمـــانــە (الله أکبــر)
(نامی) بەیـــانی حەقیقــەت ئەکــا
کەشـــفی ڕاسترین طەریقەت ئەکــا
چەن خــودا پاکــە کــەلامیش وەهــا
ڕەهبەریش بەرزە بــە قــەدرو بەهــا

(أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُمْ مِمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَـــا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ ؟ (٧١) وَذَلَّلْنَاهَـــا لَهُمْ ؛ فَمِنْهَـــا

رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ (٧٢) وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ ، أَفَلَا يَشْكُرُونَ ؟ (٧٣) وَاتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ آلِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنْصَرُونَ (٧٤) لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُنْدٌ مُحْضَرُونَ (٧٥) فَلَا يَحْزُنْكَ قَوْلُهُمْ ، إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ) (٧٦)

ئایا ئەو ئادەمیزادانە نازانن کە ئێمە بە دەستی تەوانایی خۆمان بۆ سوودی ئەوان لە دین‌و دنیادا حەیوانی وەکو بزن‌و مەڕو گاو مانگاو وشتر ••• مان دروستکردوەو ، ئەوان خاوەنی هەموو ئەوانەن‌و بەکاریان‌دێنن‌و سواریان ئەبن‌و باریان پێ ئەبەن‌و بە کڕین‌و فرۆشتن کەڵکیان لێ وەردەگرن • وە ئەو حەیوانانەم رام‌کردوە لە بەردەستیانا بازێکیان سواریان ئەبن ؛ وەکو وشتر بە زۆری‌و گا بە کەمی‌و ، بازێکیشیان سەریان‌ئەبڕن ؛ وەکو وردەو درشتەیان لەسەر دڵخواز • وە گەلێ سوودی تر لەو ئاژەڵانە وەردەگرن ؛ وەکو پێست‌و خوری‌و مەرەزو کورگیان بۆ بەرگ‌و پۆشاك‌و نوێن‌و رایەخ‌و پێویستیەکانی تری ئادەمیزاد ••• وە چەن تەڕی خاوەن فەڕی خۆرا ، وە لە شیرو دۆو غەیری ئەمانەیش ؛ وەکو فرۆو ، ماست‌و ، قەیماخ‌و ، خەستەی توورەکەو ، تۆراخ‌و ، کەرەو ، رۆن‌و ، کەشك‌و ، سیرێج‌و ، پەنیر ••• کە ئەمانە هەموو ئاسایشی ئادەمیزادن • وە لە هەمان وەختا ئەگەر وشترێ یا گایێ هار ببێ مەگەر بیکوژن ئەنا ئەیانکوژێ . کەچی خودا هەمووی بۆ رام‌کردوون‌و هێشتا سوپاسی خودای خۆیان ناکەن !

لەگەڵ ئەو هەموو نیعمەتەدا کە پێمداون لە باتی ئەوە بەندەییم بۆ بکەن‌و بمپەرستن‌و سوپاسم بکەن رۆیشتوون لە خودا لایانداوەو چەن

بتێکی داری وشکی رەق‌و تەقیان ناوە بە یەکەوە وەکو گاڵتەی منداڵان‌و بە دەوریاندا هەڵئەخەنەوە ، بە هیوای ئەوە لە لایەنی ئەوانەوە یارمەتی بدرێن کاتێ کەوتنە نەهاتی ، لەگەڵ ئەوەدا ئەوانە ناتوانن یارمەتی ئەم شتپەرستانـە بدەن ، بەڵکو ئەمان بۆ ئەوان سەربازی سوپایی‌و حازرکراوی دەورو بەری ئەوانن بۆ خزمەت‌و پارازتنیان ئەنا گورگ‌و رێوی گمێزیان پێـدا ئەکەن ، جا کە ئەوەندە بێ هۆش‌و گۆشن قسەی ئەوان لە تاریفی بتەکانیانا‌و بێ‌حەیاو شەرمی لەگەڵ ئێمەداو ، لە تانەو تەشەر لە تۆو پەیڕەوانی تۆدا زویر مەبەو ، با واتەی ئەوانە پەستت نەکا ، چونکی ئێمە ئاگادارین‌و ئەزانین بە هـەر شتێ لەوانەوە دەرئەچێ لە وتارو کردارا لە پەنامەکی‌و ئاشکراداو ، تۆڵـەی هەموویان لێ ئەکەینەوە ، بۆ کوێ دەرئەچن لە دەستم ؟

لـە هەر شوێنی بن لە وشـــکی‌و دەریـا
وا لـە راســەریان فریشـــتەی وریـا
ئـەنجـامی ئـەوان بـارەگـــای منـە
جێ جەزاو جیزیای دۆســــت‌و دوژمنە

(اَوَلَمْ يَرَ الإنْسَانُ اَنَّا خَلَقْنَاهُ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ ؟ (٧٧) وضَرَبَ لَنَا مَثَلاً ، وَنَسِيَ خَلْقَهُ ، قَالَ: مَنْ يُحْيِي العِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ؟(٧٨) قُلْ: يُحْيِيها الّذِي اَنْشَأَهَا اَوَّلَ مَرَّةٍ ، وهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ (٧٩) الّذِي جَعَلَ لَكُمْ مِنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ ناراً فَإِذَا اَنْتُمْ مِنْهُ تُوقِدُونَ) (٨٠)

ریوایەت‌کراوە : رۆژێ ئوبـەیی کـوڕی خـەلـەف هــات بـۆ لای پێغەمەر ــ د ــ و ئێسقانێکی رزیوی بە دەستەوە بوو ، دەسـتی لێ‌تونـد ئەکردو هەڵئەوەری ، وتی : ئەی محەمەد تۆ گومان ئەبەی کە ئەم ئێســکە

رزیوە خودا زیندووی ئەکاتەوە ؟! حەزرەت فەرمووی : بەڵێ ! تۆیش زیندوو ئەکاتەوەو ئەیشتخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ! کابرا مەبەستی لەو نیشاندانە ئینکاری زیندووبوونەوەی ئینسان بو ، بۆیە حەزرەت وەها وەلامی دایەوە ٠ جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە ٠

ئەفەرموێت : ئایا ئینسان نازانێو نەیبیستوە لە زانای شارەزا ، یا لە رەهبەری نازار ، یا لە بیرو باوەڕی ئینسانی هۆشیار کە بێگومان ئێمە لە تنۆکێ ئاوی ژنو مێرد ئەو ئینسانەمان دروستکردوەو هەموو ئەندامەکانی لەشیمان جیاکردوەتەوەو شێوەی باوکو دایکیمان تێدا راگرتوەو گەلێ شوێنەوارو نیشانەی وردمان تێدا تەماشا کردوەو ، کاتێ بوو بە ئینسانی زانا لەو کاتەدا لە باتی ئەوەی دان بە بوونی پەروەردگارا بنێ کوتوپڕ لێم‌دەرئەپەڕێو ئەبێ بە دوژمنێکی ناباری بێشەرمی رەخنەگری ئاشکراو ، لە ناو خەڵکا قسەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەرئەبڕێو ، خۆیو دروستکراویی خۆی فەرامۆش ئەکاو ئەڵێ : ئەوە کێیە ئێسقانی رزیو زیندوو ئەکاتەوە ؟

ئەی خۆشەویست تۆ پێی بڵێ : ئەو پەروەردگارە زانای تەوانایە زینموی ئەکاتەوە کە یەکەمجار لە نەبوون یا لە مایەی بێ‌گیانی زەبوون دروستی‌کرد ، وە ئەو خودایە زانایە بە هەموو شتێو دروستی ئەکاو هیچ دروستکراوێ بە رێکەوتو بێ‌ئاگایی نەبودو نابێو پەروەردگار دروستی ئەکا ، هەموو مادەو مەعنای تەماشا ئەکاو ماوەی مانەوەو ژینو ژیواریو بێ‌بەختیو بەختیاریو بێ‌هۆشیو هۆشیاریو بەسەرهاتی ئیستەو داهاتووی ٠٠٠ ئەزانێو ئەزانێ ئەم مەخلوقە توانای خۆی چۆن سەرف ئەکاو ئەنجامەکەی چۆنە ٠ ئەو خودا خودایەکە ئاگری سووری لە داری تەڕی سەوزا داناوە ٠

تەماشا بکەن لە داری (فەرخ)و (عفار) لە سارای عەرەبستانا کاتێ ئەو داری فەرخە ئەساون بە عەفارا چۆن گڕیان لێئەبێتەوەو چۆن بە هۆی ئەوانەوە وەکو شقارتەی کارخانە ئاگر ئەکەنەوە ؟ جا بڕوانن چۆن لە داری تەڕی خاوەن ئاو ئاگری سووزندەی سەخت دروستئەکەم کە دژی یەکترنو چۆن گومان نیە لەوەداو لەبەر چاودایە وەها لە ئەصڵی مادەی لەشی مردوو لە هەر شوێنی بێ وا لەبەر زانایی ئێمەداو لەسەر ئەوە بە وێنەی جاران دروستئەکرێتەوە •

(اَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمٰوٰاتِ وَالاَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى اَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ ؟ بَلَى ! وَهُوَ الخَلاَّقُ العَلِيمُ (٨١) اِنَّمَا اَمْرُهُ ، اِذَا اَرَادَ شَيْئاً ، اَنْ يَقُولَ لَهُ : كُنْ ! فَيَكُونُ (٨٢) فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وِاِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) (٨٣)

ئەگەر ئێوە تەماشای دروستکردنی خۆتان ناکەن یا بە بێ نرخی ئەزانن •• بۆ تەماشای ئەم کردگاری پەروەردگارە ناکەن ؟ بۆ چاوێ هەڵنابڕن تەماشای ئەم جیهانەو ئەم ئەستێرانەو ئەم رۆژو مانگە خاوەن پڕتەوانەو ئەم خولۆکە سەربەرزە پڕتەوبەخشانە ناکەن ؟ بۆ تۆزێ بیر ناکەنەوە هەتا لە بیری تاریکی نەفامی دەربێنو دانیشن لەسەر دووربینی عەقڵی ئینسانی بە تەمکین ؟ رۆژ کە بە قەی ملیۆنێ جار لە زەوی تۆ زلتر بێو بەو پایە بەرزەوە هەزاران ساڵە مەخشەڵان بکاو پڕتەو بدا لە جیهان نابێ کەسێ دروستی کردبێ ؟ وە ئەم ئەستێرە خولۆکانە کە بە هەزاران چەرخ بە موویێ مەداری هەڵسووڕانی خۆیان تێکنادەن بە بێ مودیرو مودەبیر چۆن ئەبن ؟ ئایا ئەو کەسەی کە ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوە

ته‌وانا یه بۆ ئه‌وه که وێنه‌ی ئه‌و ئینسانه له‌سه‌ر ریشه‌ی خۆی دروست‌بکاته‌وه‌و به ئیراده‌و خواستی خۆی رایان‌په‌رێنێ بۆ دادگای خۆی ؟ به‌ڵێ ! وه‌للا بێ‌گومان ته‌وانایه که له‌سه‌ر ئه‌و ذه‌ره ماده‌یه که خۆی زانایه‌و ئاگاداریه‌تی سه‌ر له‌نوێ ئینسان دروست‌بکاته‌وه‌و ، هه‌ر شتێ مه‌یلی بێ بیکاته‌وه بێ جیاوازی له‌گه‌ڵ جاران‌و ئاسانتر له گوڵاڵه‌ی به‌هاران ، وه ئه‌و خودایه خالیقی که‌م‌و زۆره‌و زانایه به هه‌موو شتێ‌و ، ته‌وانایه کاتێ خواستی بوونی شتێکی هه‌بێ فه‌رمانی ئه‌وه‌یه بفه‌رموێت (ببه) ئه‌ی سووره‌تی مه‌حفووظی علیمی من ببه به صووره‌تی عه‌ینی کائینات ، له عیلمه‌وه بۆ عه‌ین ، به‌ڵکو له عه‌ینێکه‌وه بۆ عه‌ینێکی تریش ، واته صووره‌تی عیلمی باری ته‌عالا هه‌موو واقیعین به‌ر له دروستکردنیان‌و ، له پاش ده‌رکردنیان بۆ وجوودی عه‌ینی ئه‌و عه‌ینه‌یش عه‌لاوه‌ی عیلمه‌که‌ی ئه‌بێ جا مادام ئه‌م ئه‌مره صادیر بو ئه‌و موراده په‌یدا ئه‌بێ .

ده‌ی پاك‌و دووره له عه‌یب ئه‌و په‌روه‌ردگاره که له ده‌ستی قودره‌تی ئه‌ودایه ریاسه‌ت به‌سه‌ر هه‌موو شتێکداو ئیظهاری هه‌موو شتێ بۆ وجوودو له ئه‌نجامیشدا هه‌ر بۆ لای ئه‌وو بۆ دادگای ئه‌و ئه‌ڕۆنه‌وه بۆ ده‌رکردنی فه‌رمانی جه‌زاو بۆ جه‌زاخانه‌ی ئه‌و ئه‌ڕۆن له عاله‌می نه‌ودا ، ئه‌وه‌ی بۆ ئاگر کاری کردوه جێگه‌ی ئاگری بۆ ئاماده‌کراوه‌و ئه‌وه‌یش بۆ ره‌زای په‌روه‌ردگاره ئه‌نجامی به‌هه‌شت‌و لیقای ئه‌نواره .

سوورەتی صافات ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، صەدو هەشتاو دوو ئایەتە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(والصَّافَّاتِ صَفّاً (١) فَالزَّاجِرَاتِ زَجْراً ، (٢) فَالتَّالِيَاتِ ذِكْراً : (٣) إِنَّ إِلَهَكُمْ لَوَاحِدٌ (٤) رَبُّ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ، وَرَبُّ المَشَارِقِ) (٥)

سوێند بەو فریشتانە کە بۆ فەرمانبەرداریو بەندەیی خودا ریزیان بەستووە ، سوێند بەو فریشتانە کە مەنعی شەیاطین ئەکەن لە زیانگەیاندن بە ئادەمیزاد ، جا بەو فریشتانە کە ئایاتی خودای تەعالا ئەخوێننەوە لە ئاسمانەکانا ، وە یا بەسەر رەهبەرانا ! خودای ئێوە یەك خودایە .

یاخود سوێند بەو نوفووسە فیدائییانە کە ریز ئەبەستن بۆ جیهاد ، جا بەوانە کە مەنعی کافرەکان ئەکەن لە دەسدرێژکردن بۆ وڵاتی ئیسلام ، جا بەو موسوڵمانانە کە قورئان ئەخوێنن ! سوێند بەوانە گشتیان خودای ئێوە یەك خودایە ، پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەویو ناوبەینی ئەوانەو خاوەنی ئەو دەرەجەو مەقامانەیە کە رۆژی خاوەن پرتەو سەر دەرئەکا لێیەوە بۆ نوورپەخشانی بە جیهانا ، واتە ئاسمان سێصەدو شەصت دەرەجەیەو ، رۆژ هەر رۆژێ لە یەکێ لەو دەرەجانەوە هەڵدێو ، لە بەرانبەری ئەوانەوە ئەوەندەیش نوختە هەیە بۆ ئاوابوونی رۆژ کە ئەمانە تەواو بوون ساڵ تەواو ئەبێ .

(إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ (٦) وَحِفْظاً مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ مَارِدٍ (٧) لا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَى ، وَيُقْذَفُونَ مِنْ كُلِّ جَانِبٍ (٨) دُحُوراً وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ (٩) إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ) (١٠)

ئێمە ئاسمانی نزیکی زەویمان جوانکردوەو ئارایشمان داوە بە زینەتی ئەستێرەکان ، وە ئەو ئەستێرانەمان کردوە بە هۆی پارێز لە هەموو جنۆکەیەکی نافەرمانی سەرسەخت بۆ ئەوە بە ئاسمانا سەرنەکەونو گوێ رانەگرن لەو وتووێژە لە (ملأ الاعلى) لە مەجلیسی گەورەی زۆر بەرزی فریشتەکاندا ئەکرێو ، کاتێ ئەو شەیاطینە سەرکەوتن بە ئاسمانا تیری شەرارەی نەیازیکیان بۆ ئەهاوێژرێ لە هەموو لایەکەوە بە هاوێژتنی بەهێز ، ئیتر ئەو شەیاطینە هەرگیز ناتوانن قسە وەربگرن ، شەیطانێ نەبێ کە بە فڕکە لە هەلدا قسەیێ ببیسێو بیفڕێنێ ، ئەوەیش ئەکەوێتە شوێنی ئەو یەکێ لەو نەیزەکانە کە ئاسمان رۆشنئەکەنەوەو تاریکی ئەدڕێنن .

بزانن ! لەم ئایەتانەوە دەرئەکەوێ کە وجوودی کەواکیبو ئەستێرەکان زۆر پەیوەندییان بەو شەهابانەوە هەیە ؛ چونکی بە شوێن ئەوا کە ئەفەرموێت ئاسمانی نزیکمان جوانکردوە بە کەواکیب ئەفەرموێت (وحفظاً من كل شيطان مارد) ئیتر تەحقیقی ئەم وەزعە بەسراوە بە روونکردنەوەی عیلمەوە ، ئاخۆ کەی ئەبێو ، پەیوەندەکە چۆنە ؟

(فَاسْتَفْتِهِمْ ! أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقاً أَمْ مَنْ خَلَقْنَا ؟ إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِنْ طِينٍ لَازِبٍ) (١١)

جا تۆ پرسیار بکە لەو کافرانە : ئایا ئەوان بەهێزترن لە جیهەتی مادەی دروستکردنەوە یا ئەو ئاسمانو زەویو فریشتە پیرۆزانە ؟ دیارە کە ئاسمانو

زەوی بەهێزترن ؛ چونکی بە راستی ئێمە ئەم ئادەمیزادانمانە لـــە قوڕێکی (مــچ) دروســتکردوە کــە زوو بازێکی ئەلکێ بــە بازێکــەوە ، وە زیندوکردنەوەیانو دروستکردنەوەی تەرکیبی لەشیان گەلێ ئاســـانە لای ئێمە .

(بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ (١٢)وَإِذَا ذُكِّرُوا لا يَذْكُرُونَ (١٣) وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ (١٤) وَقَالُوا: إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُبِينٌ (١٥)أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَاباً وَعِظَاماً أَإِنَّالَمَبْعُوثُونَ ؟!(١٦) أَوَ آبَاؤُنَا الأَوَّلُونَ !) (١٧)

بەڵکو تۆ سەرتسوڕئەمێنێ لە گەورەیی‌و تەوانـایی خـوداو ، ئـەو کافرانە پێ‌ئەکەنو گاڵتە بەوە ئەکەن کە تۆ باوەڕت بە بەعثو نوشـــوور زیندوبونەوەی موکەللەفانو حەشـــــرو نەشریان هەیەو ، هـــەرکـــاتێ ئامۆژگاریان بکرێ بیربکەنەوە ناوی خودای تەنیـا نابەن ، وە کـــاتــێ چاویان بە موعجیزەیێ بکەوێ دەلاڵەت لەسەر راستی رەهبەر بکا گاڵتــەی پێ‌ئەکەنو ، ئەڵێن : ئەمە هیچ نیە سیحرێکی ئاشـکرا نەبێ ! ئایا ئێمە کاتێ مردینو بووین بە گڵو ئێسقانی کۆن ئێمە زیندوئەکرێینەوە ؟! ئایا لەگـەڵ باپیرە پێشوەکانیشمانا !

(قُلْ : نَعَمْ وَأَنْتُمْ دَاخِرُونَ (١٨) فَإِنَّمَـا هِيَ زَجْرَةٌ وَاحِدَةٌ . فَإِذَا هُمْ يَنْظُرُونَ (١٩) وَقَالُوا : يَا وَيْلَنَا ! هَذَا يَوْمُ الدِّينِ (٢٠)هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ!) (٢١)

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : بەڵێ زیندووئەکرێنەوەو ئێوە دامـاو ئەبن ، جا کاتێ ئەو ڕۆژە هات ئەوە ئەو زیندوبوونەوە بــە تاقە دەنگدانێکە

کوتوپڕ تەماشـــا ئەکەی هەموو وان بە دەرەوەو ئەڕوانن‌و ، لـەو کاتـەدا ئەڵێن : ئەی هاوار بۆ ئێمە ئەمە ڕۆژی تۆڵەیە ! ئەمــە ئـەو ڕۆژی حوکمی فەصڵەیە کە کاتی خۆی باوەڕتان پێ‌نەدەکرد •

(اُحْشُروا الَّذِينَ ظَلَمُوا وازْواجَهُمْ وما كانُوا يَعْبُدُونَ (٢٢) مِنْ دونِ اللهِ ، فاهْدُوهُمْ الى صِراطِ الجَحِيمِ (٢٣) وقِفُوهُمْ انَّهُمْ مَسْؤولُونَ) (٢٤)

جا خودا فەرمان ئەدا بە فریشتەکان‌و ئـەفەرموێت : ئـەو کـــافــرە ستەمکارانە خۆیان‌و هاو وێنەکانیان لە بتپەرستەکان گردبکەنەوەو لەگـەڵ ئەو بتانەدا کە ئەیانپەرستن‌و موبالاتیان بـە خودا نەدەکـــرد ، جا ڕێگـەی دۆزەخیان نیشان بدەن‌و ، ڕایان‌بگرن ، بە ڕاستی ئەوانە بەرپرســـیارن‌و پرسیاریان لێ‌ئەکرێ •

(مـــا لَكُمْ لا تَناصَـــرُونَ ؟ (٢٥) بَـــلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ (٢٦) واَقْبَـــلَ بَعْضُهُمْ عـــلى بَعْضٍ يَتَساءَلُونَ : (٢٧) قالُوا : اِنَّكُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ اليَمِينِ) (٢٨)

پرسیاریان لێ ئەکرێ : ئەوە چیە ؟ بۆچی بازێکتان یارمەتی بازێکتـان نادەن‌و ، بەڵکو هەمووتان ملکەچ‌و بێ‌دەنگن ؟ جا لەو کاتەدا بازێ لـــەو کافرانە ڕوو ئەکەنە بازێکیان‌و قسەیان لەگەڵدا ئەکەن • بە گەورەکـانیـان ئەڵێن : ئێوە لە لای ڕاستەوە ئەهاتن بۆ لامان ، واتە بە عەزم‌و بە هێـــزی دڵەوە ئێمەتان بۆ لای خۆتان هەڵئەسووڕان‌و ، نەتان‌ئەهێشت بـاوەڕ بـــە ڕەهبەر بکەین‌و واز لە بتپەرستی بهێنین •

(قالُوا : بَلْ لَمْ تَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٢٩) ومَا كانَ لَنَــا عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطانٍ ، بَلْ كُنْتُمْ قَوْماً طَاغِينَ (٣٠) فَحَقَّ عَلَيْنَا قَوْلُ رَبِّنَا إِنَّا لَذائِقُونَ (٣١) فَأَغْوَيْنَاكُمْ ، إِنَّا كُنَّا غَاوِينَ) (٣٢)

جا گه‌وره‌كان له وه‌لآميانا ئه‌لێن : نه‌خه‌یر ئێوه هه‌ر خۆتان خاوه‌ن ئیمان نه‌بوون‌و ، ئێمه هیچ ده‌سته‌لآتێكمان به‌سه‌ر ئێوه‌دا نه‌بو ، به‌ڵكـو خۆتان كۆمه‌ڵێكی وا بوون كه یاپی‌بوون‌و له یاساو رێگه لاتان‌دابوو • جا وا فه‌رمووده‌ی خودا له‌سه‌ر هه‌موومان هاته‌جێ ، به راستی ئێمه له سزای دۆزه‌خ ئه‌چه‌ژین‌و ، ئێمه ئێوه‌مان گومڕاكرد ، راسته ئێمه گومڕا بووین به‌لآم ئێوه‌یش ئه‌و حاڵه‌تان پێ خۆش بو ، وا هه‌ردوو لامان تووشی مه‌ینه‌ت بووین •

(فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي العَذَابِ مُشْتَرِكُونَ (٣٣) إِنَّا كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ) (٣٤)

جا به راستی ئه‌وان له‌و رۆژه‌دا هه‌موو له سزادا هاوبه‌شن‌و سزائه‌درێن ، بێگومان ئێمه ئاوا له تاوانباران ئه‌كه‌ین‌و تێكڕا سزایان ئه‌ده‌ین •

(إِنَّهُمْ كانُوا إِذَا قِيلَ لَهُمْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ يَسْتَكْبِرُونَ (٣٥) ويَقُولُونَ : أَإِنَّا لَتَارِكُوا آلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَجْنُونٍ ؟ (٣٦) بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ) (٣٧)

ئه‌و كافرانه حاڵیان وه‌هایه كاتێ یه‌كێ له‌گه‌ڵ ئه‌وانا (لا اله الا الله)ی بكردایه‌و داوای لێ‌بكردایه‌ن ئه‌و كه‌لیمه‌ی ته‌وحیده بڵێن •• خۆیان بـه گه‌وره ته‌ماشا ئه‌كردو به عاریان ئه‌زانی خودا به‌یه‌ك بناسن‌و ، ئه‌یانوت :

ئایا ئێمە تەرکی بتەکانی خۆمان ئەکەین بۆ قسەی شاعیرێکی شێت !؟ جا وا نیە ، بەڵکو ئەو زاتە شیرین کردارە ئایین و کتێبێکی راستی هێناوەو تەصدیقی پێغەمەرەکانی پێش خۆی کردوە .

(إِنَّكُمْ لَذَائِقُوا الْعَذَابِ الأَلِيمِ (٣٨) وَمَا تُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٣٩) إِلاَّ عِبَادَ اللهِ الْمُخْلَصِينَ) (٤٠)

بە راستی ئێوە ئەی کافرە بەدبیرو باوەڕەکان سزای ئێشگەیێن ئەچەژن و جەزایشتان نادرێتەوە بە پێی ئەو کردەوە نابارانە نەبێ کە ئەتانکردن ، بەڵام بەندە پاککراوەکانم لە بیرو باوەڕی نابارو کردەوەی ناهەموار ئەوانە سزا نادرێن ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ناو مەقامی کەرامەتا ئەمێنن .

(أُولَئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَعْلُومٌ (٤١) فَوَاكِهُ وَهُمْ مُكْرَمُونَ (٤٢) فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (٤٣) عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ (٤٤) يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ (٤٥) بَيْضَاءَ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ (٤٦) لا فِيهَا غَوْلٌ وَلا هُمْ عَنْهَا يُنْزَفُونَ (٤٧) وَعِنْدَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ (٤٨) كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُونٌ) (٤٩)

واتە ئەو بەندە پاکانە رۆزییێکی دیاری کراویان هەیە لە لای خوداوە بریتییە لە چەن جۆر میوە ، وە ئەوانە لە لایەنی خوداوە رێزیان گیراوە کە ئەو میوە جوانانەیان پێ دراوەو ، ئەوانە وان لە ناو چەن بەهەشتێکدا کە غەیری نیعمەت هیچی تریان تیا نیەو ، وان بەسەر چەن کورسییەکەوە لە بەرانبەری یەکەوە ، واتە ئەهلی بەهەشت هەرگیز خەمی دووری دۆستیان ناخۆن و

هەمیشە هەموو وان لەسەر چەن کورسییەکی وەها کە بەرانبەری یەك دانراون •

وە یاخود ئەفرادی خانەدان وەکو باوكو دایكو خوشكو براو کچو کوڕ •• هەموو وان بەیەکەوەو وان لەسەر چەن کورسییەك لە بەرانبەری یەکترەوە • وە هاتوچۆ ئەکرێ بۆ لایان لەگەڵ پیاڵەی شەرابی وەها کە جاری ئەبێ بەسەر زەویدا وەکو ئاوی زەلاڵو پیاڵەکە سپییەو • هۆی لەزەتە بۆ ئەوانە ئەیخۆنەوە ، وە هەر لەو شەرابی بەهەشتەدا غائیلەو فەساد نیە ، ئەنا هەموو شەرابێ هەر شتێکی لەوانە تێدایە ، وە ئەوانیش هەر لەو شەرابەدا عەقڵیان تێك ناچێ ، وە لە لای ئەوانە لە حۆرییەکانی بەهەشت ، حۆریگەلێك کە چاویان بڕیوەتە مێردەکانی خۆیانو بۆ کەسی تر ناڕواننو چاویشیان ڕەشو گەشو گەورەیەو وەکوو هێلکەی وشترمری دوور لە تۆزو غوبارن ئەوەندە سپیو جوانن •

(فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٥٠) قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ : إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ (٥١) يَقُولُ : أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ ؟ (٥٢) أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَاباً وَعِظَاماً أَإِنَّا لَمَدِينُونَ ؟ (٥٣) قَالَ : هَلْ أَنْتُمْ مُطَّلِعُونَ ؟ (٥٤) فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ) (٥٥)

واتە ئەم کۆمەڵەی ئەهلی بەهەشتە بازێکیان ڕووئەکاتە بازێکیانو لەناو خۆیانا پرسیار ئەکەن ، جا یەکێ لەوان ئەڵێ : من لە دنیادا هاوڕێیەکم بوو ئەیوت پێم : ئایا تۆ ئەوەندە بێدەماخی باوەڕ بەوە ئەکەی کاتێ مردینو بووین بە گڵو ئێسکی کۆن ئایا ئێمە زیندووئەکرێینەوە بۆ حسێبی بیرو باوەڕو کردەوە ؟ جا هەر ئەم شەخصە بە هاوڕێکانی ئەڵێ : ئایا ئێوە ئاگاتان

لە ئەهلی دۆزەخ هەیە ؟ یا ئەتانەوێ هەواڵیان بزانن ؟ جا ئەم کابرایە خۆی ڕۆیشت بۆ سەیری ئەو دۆزەخە کە ئەو هاوڕێیانەی تێدابوو ، تەماشای کرد هاوڕێکەی خۆی لە ناوەڕاستی دۆزەخدا بینی •

(قَالَ : تَاللهِ إِنْ كِدْتَ لَتُرْدِينِ (٥٦) وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنْتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ (٥٧) أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (٥٨) إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَى وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ؟ (٥٩) إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٦٠) لِمِثْلِ هَذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ) (٦١)

جا ئەو شەخصە موسوڵمانە کاتێ چاوی بە برادەرەکەی دنیای لە ناوەڕاستی دۆزەخا کەوت پێیوت : وەڵلاهی بە ڕاستی نزیك بو کە تۆ لە دنیادا من لەناوبەریو منیش وەکو خۆت کافر بکەی ، وە ئەگەر فەضلو ڕەحمەتی خودای خۆم نەبوایە منیش لەوانەبووم کە حازر بکرێم لە دۆزەخدا لەگەڵ تۆدا • ئایا ڕاست وەکو ئەوە بو کە تۆ ئەتوت : ئێمە نامرین مردنی یەکەم نەبێ کە مردنی دنیایەو ئێمە زیندوو ناکرێینەوەو لەسەر کوفرو تاوانباری سزا نادرێین ؟ جا ئەم نیعمەتو خۆشییە کە بە ئێمە دراوە لە بەهەشتا ئەوە بەشی ڕەسای گەورەیەو بۆ وێنەی ئەم بەشە با تێکۆشێ ئەوەی تێئەکۆشێ •

(أَذَلِكَ خَيْرٌ نُزُلًا أَمْ شَجَرَةُ الزَّقُّومِ ؟ (٦٢) إِنَّا جَعَلْنَاهَا فِتْنَةً لِلظَّالِمِينَ (٦٣) إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِي أَصْلِ الْجَحِيمِ (٦٤) طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُؤُوسُ الشَّيَاطِينِ (٦٥) فَإِنَّهُمْ لَآكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ (٦٦) ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِنْ حَمِيمٍ (٦٧) ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى الْجَحِيمِ) (٦٨)

واتە ئایا ئەم رۆژی بەهەشتەو ، ئەم تەماشاو سەیرانی گوڵگەشتەو ، ئەم خواردنو خواردنەوەی مادەی بەلەزەتەو ، ئـەم رابواردنو هاوڕێتی دۆستانی میهرەبانەو ، ئەم دەوامە بە سەلامەتیو بێدەردیسەرییەو ، ئـەم جیلوەی ئەنواری لیقـای خودایەو ... ئـەمانە باشن بۆ پێشکەشکراوی میوانی قیامەت ؟ یا بەری داری (زەقوم) کە بۆ دۆزەخییەکان دانراوە ؟ ئێمە ئەو دارەمان کردوە بە هۆی سزاو نارەحەتی بۆ ستەمکاران ؛ چونکی لە دۆزەخدا لە بەری ئەوە ئەخۆن . وە یاخود باسی ئەو دارەم کردوە بـە فیتنە بۆ ستەمکارە بێدینە بێعەقڵەکان کە ئەڵێن : چۆن ئەبێ لەناو ئاگرا داری سەوزی خاوەن بەر بژی ؟! ئـەو داری زەقوومە دارێکە لـە بێخی دۆزەخەوە دەرئەچێو لقو پۆپەکانی ئەڕوا بە هەموو دەرکەکانی دۆزەخاو بەرەکەی وەك کەللە سەری شەیتان وایە ! وە ئەو کۆمەڵی ئەهلی دۆزەخە لە کاتی برسێتیدا لێیئەخۆنو گەدەی خۆیانی لێ پڕئەکەن ، پاش خواردنیان لەو بەرە زەقوومە تینوویان ئەبێو بۆ ئەوان هەیە بەسەر ئەو زەقوومەدا ئاوێ لە عەینی ئاوی گەرمی دۆزەخ ، وە لە پاش ئەوە لەو ئاوەیان خواردەوە ئەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بۆ دۆزەخو سزای پێشووی خۆیان .

عالەمی دۆزەخ عالەمێکە مادیو واقیعیو بـە بیرو باوەڕی ئـەهلی سوننەت ئێستە لەگەڵ بەهەشتا هەردووکیان هەنو دروستکراون . وە خودا وەکو تەوانایە لەسەر ئەوە لە دارا مادەی ئاگر دروست بکا وەهایش تەوانایە لە ناو ئاگرا دار بڕوێنێو بەربگرێ . وە ئەمانە بە نیسبەتی واقیعەوە پاش ئیخباری خودا جێگەی باوەڕی موسوڵمانانە .

(إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءَهُمْ ضَالِّينَ (٦٩) فَهُمْ عَلَىٰ آثَارِهِمْ يُهْرَعُونَ (٧٠) وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ (٧١) وَلَقَدْ

اَرْسَلْنَا فِيهِمْ مُنْذِرِينَ (٧٢) فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ (٧٣) اِلاَّ عِبَادَ اللهِ الْمُخْلَصِينَ) (٧٤)

ئەگەر نازانن بۆچی ئەو کافرانە موستەحەقی ئـەو سزا ناهەموارەن بزانن هۆی ئەوەیە ئەم کافرانە باوكو باپیرەی خۆیان بە گومڕا دەست‌کەوتو ئەمانیش بـە شوێنی ئەوانا بە توندی رایان‌کرد ، وە لـە پێش ئەوانیشدا زۆربـەی پێشینانەکەیان هـەر گومڕا بوون • وە بـە راستی گەلێ لـە پێغەمەرانی ئینسان‌ترسێنمان بۆ ناردن ، کەچی ئەوان سەرکێشیو نافەرمانییان کرد ، بەندە چاکە پاکەکان نـەبێ • جا تەماشا بکـە بزانە ئەنجامی کاری ئەوانە کە ترسێنراناو گوێیان بە ترسەکە نەدا چۆن بو ؟

(وَلَقَدْ نَادَانَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ الْمُجِيبُونَ (٧٥) وَنَجَّيْنَاهُ وَاَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (٧٦) وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ (٧٧) وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (٧٨) سَلَامٌ عَلَى نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ (٧٩) اِنَّا كَذٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (٨٠) اِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (٨١) ثُمَّ اَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ) (٨٢)

نوح ـدـ پاش ئەوە کە لە ئیمانهێنانی گەلەکەی نائومێد بوو •• بانگی کردین بۆ ئەوەی کە فریای بکەوین‌و لە دەستی گەلەپەستەکەی رزگاری بکەین ، جا خۆیو خێزان‌و منداڵەکەیمان لەو مەینەت‌و ئاوو لافاوە بێ‌ئامانە رزگارکردو تەنیـا نەتـەوەکەی ئـەومان لەسـەر زەویدا هێشـتەوە ، وە هێشتمانەوە بۆ ئەو لـە ناو گەلانی دواییدا وشـەی (سلام علی نوح في العالمین) ، واتە : هەموو گەلەکانی دوایی هەر سەلامی لێ ئەکەن ، ئێمە ئا بەو شێوە پاداشی خاوەن چاکەکان‌و پیاوچاکان ئەدەینەوە •

ئەوەی بــە راستی بۆ خودا راستە
خودا لە بۆ ئەو ســەلام خواســتە
هەرچی ڕێگەی حــەق ئیعتیبــار بکا
خــوا بۆ ئەو ســـەلام ئیختیار ئەکا

بە راستی نوح ــ د ــ لە بەندە دڵزیندوە بە باوەڕەکانی من بو ، ئیتر ئەودوای ئادەمیزادی ئەو چەرخەمان هەموو بە ئاوی لافاو خنکاند •

(وَإِنَّ مِنْ شِيعَتِهِ لَإِبْرَاهِيمَ (٨٣) إِذْ جَاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (٨٤) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ : مَاذَا تَعْبُدُونَ ؟ (٨٥) أَإِفْكًا آلِهَةً دُونَ اللهِ تُرِيدُونَ ؟! (٨٦) فَمَا ظَنُّكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ ؟) (٨٧)

وە بە ڕاستی لە هاوباوەڕو هاوکێشی نوحە لە ئوصوولی دینو خــودا بەیەکناسیدا ئیبراهیم ــ د ــ هاوڕشتەی ئەوبوو کــە ڕووی‌کردە خــودای خۆی بە دڵێکی ساغی دوور لە کوفرو پاك لە خۆڵو خاشاکی بیروباوەڕی ناپاکەوە . هاویاسای ئەو بو کە فەرمووی بە باوکیو بە گەلەکەی : ئــەوە ئێوە بەندەیی چی ئەکەن ؟ ئایا بە درۆو دەلەسە چەن خودایەکی درۆتــان بۆ خۆتان خواستوە بۆ ئەوەی بەندەییان بۆ بکەن ؟ ئەوە ئێوە گومانتــان چۆنە دەربارەی ئەو خودایە کە پەروەردگاری جیهانە ؟ چۆن لە بەیەکناسی ئەو لائەدەنو ئەو دارو بەردە ئەخەنە پاڵی •

(فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي النُّجُومِ (٨٨) فَقَالَ : إِنِّي سَقِيمٌ (٨٩) فَتَوَلَّوْا عَنْهُ مُدْبِرِينَ (٩٠) فَرَاغَ إِلَى آلِهَتِهِمْ ؛ فَقَالَ : أَلَا تَأْكُلُونَ ؟ (٩١) مَا لَكُمْ لَا تَنْطِقُونَ ؟ (٩٢) فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ) (٩٣)

ئەویش لەسەر یاسای ئەو رۆژە کە تەماشای هاتوچۆی ئەستێرەیـان ئەکردو ، دەرکەوتنو ئاوابوونیان ئەکرد بە نیشانەی ساغیو نەخۆشـــیو ئارامیو نائارامی دنیا •• تەماشایەکی ئەســـــتێرەی کردو فەرمووی : وا دەرئەکەوێ کە من نەخۆشم ، چاك وایە ماوەیێ لـە خەڵك کـەناربگرم ؛ چونکی لـە وەزعی ئەســـتێرەوە وا دەرئەکـــەوێ کـــە من نەخۆشم • جا خەڵکەکەیش پشتیان لە ئیبراهیم هەڵکردو لێی دوورکەوتنەوە ، ســـا یا لە ترسی ئەوەی ناساغیەکەی ئەویان بۆ بێ یا لەبەر ئەوە بڕوا وچانێ بداو ماندوێتی بحەسێتەوە •

کاتێ لە یەکدی جیابوونەوە بە پەناپسکێ رۆیشت بۆ لای بتەکانیانو فەرمووی پێیان : ئەوە بۆچی ئێوە هیچ ناخۆن ؟ کاتێ ماتڵبوو ئـەوانیش وەڵامیان نەبوو پێی وتن : ئەوە بۆچی قسە ناکەن ؟ جا لای کردەوە بەلایاناو بە راستە تێیسرەواندنو پێیانا هات بە لێدان •

(فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَزِفُّونَ (٩٤) قَالَ : أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ؟! (٩٥) وَاللهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ) (٩٦)

کاتێ گەلەکەی هاتنو چاویان بە بتەکان کەوت بە ســـەرو گوێلاك شکاویو وردکراوی •• رایانکرد بۆ لای ئیبراهیم بۆ پرسیار لە شـــکانی ئەو بتانە ، ئەویش لە وەڵامیانا فەرمووی : ئایا ئێوە بەندەیی شتێ ئەکـەن کە خۆتان تاشیوتانن ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە دروستکەر هەر خودایەو ئەو ئێوەو ئەوانەیش کە ئەیانپەرستنو ئەیانتاشن دروستی کردوون •

(قَالُوا : ابْنُوا لَهُ بُنْيَاناً فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ : (٩٧) فَأَرَادُوا بِهِ كَيْداً ، فَجَعَلْنَاهُمُ الأَسْفَلِينَ) (٩٨)

جا پاش پرسیارو وەڵامێکی زۆر لە لایەنی بتپەرستەکانەوە لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمداو پاش ئەوەی کە ئیبراهیم هەر سوور بوو لەسەر بانگکردنی گەلەکەی بۆ خوداناسیو وازهێنان لە بتپەرستی •• بڕیاریان دا کە بیسووتێننو ، وتیان : شووراییٚ دروستبکەنو ناوەکەی پڕبکەن لە دارو ئاگری تێبەردەنو جا ئیبراهیم بهاونە ناو ئاگرەکەوە ! جا ئەم کارەیان ئەنجامداو ئیبراهیم خرایە ناو ئاگرەکەو . ویستیان فێڵ بکەنو بە فڕوفێڵ بەرپەرچی بەڵگەی راستی ئیبراهیم بدەنەوە،بەڵام ئێمە ئەوانمان فڕەدایە پلەی پەستیو بێنرخمان کردنو هەرچییان لەگەڵا کرد بێسوود دەرچوو ، ئەو گەلە لە پلەی خوارووی هەموو پلەو جێگەیەکەوە داکەوتنو ، ئەوانمان کرد بە خوارتر لە هەرچی خوارکەوتوو هەیە •

دەڵێن : ئەو ئاگرەیان لە دەشتی (بیتوین)دا ، [کە دەشتێکە لە قەزای رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی] کردوەتەوەو لەوێدا ئیبراهیمیان خستوەتە ناو ئاگرەوە ، بەڵام خودا رزگاری کرد • سوپاس بۆ خودا •

(وَقَالَ : إِنِّي ذَاهِبٌ إِلَى رَبِّي سَيَهْدِينِ) (٩٩)

وە پاش ئەوە کە لە ئاگرەکە رزگار بو فەرمووی : من ئەڕۆم بۆ لای پەروەردگاری خۆم ، بێگومان ئەو رێنومایم ئەکا بۆ بەختیاریو پیرۆزی هەردوو دونیا •

حەزرەتی ئیبراهیم لە لایەنی خوداوە پێیوترا : کە عیراق بەجێبێڵێو بەرەو شام بڕوا خودا یارمەتی ئەدا ، لەسەر ئەو فەرمانە لەگەڵ (سارە)ی خێزانیو (لوط)ی برازایا رۆیشت بۆ (حرّان) ، پاش ماوەییٚ لە حەڕانەوە چوو بۆ فەلەستینو ، لە فەلەستینەوە چوو بۆ میصرو ، لە میصرەوە گەڕایەوە بۆ فەلەستینو ، پادشای میصر جارییەیەکی (هاجەر) ناوی پێدا •

(رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ (١٠٠) فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ) (١٠١)

کە هاتەوە فەلەستین لە خودا پاڕایەوەو فەرمووی : پەروەردگارا رۆڵەیەکم پێببەخشە کە لە پیاوە باشەکان بێ ، ئێمەیش دۆعاکەیمان وەرگرتو موژدەمان پێدا کە کوڕێ خاوەن هۆشو خاوەن حەوسەڵەت پێئەدەین . جا (ئیسماعیل)مان لە هاجەر ـ جارییە میصریەکە ـ پێدا . پاش ماوەیێ فەرمانی پێدرا کە ئەو کوڕەو دایکەکەی ببا لەو شوێنەدا کە ئیستە حەرەمی کەعبەیە دایانبنێ . ئەویش فەرمانەکەی بەجێهێنا .

(فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ ، قَالَ : يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ ! فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى ؟ قَالَ : يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ، سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (١٠٢) فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ (١٠٣) وَنَادَيْنَاهُ : أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ (١٠٤) قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ، إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١٠٥) إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ (١٠٦) وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ (١٠٧) وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (١٠٨) سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ (١٠٩) إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١١٠) إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ) (١١١)

جا کاتێ ئیسماعیل گەورە بوو گەیشتە پایەیێ کە بتوانێ لەگەڵ باوکیدا بگەڕێو کار بکا ، ئیبراهیم بە ئیسماعیلی فەرموو : ئەی کوڕی خۆم من لە خەودا وەهام دیوە کە سەرت ئەبڕم ! جا بیربکەرەوەو بزانە ئەتوانی خۆت بگری ؟ ئەویش لە وەلاما عەرزی کرد : ئەی باوکی خۆم ئەوەی تۆ ئەتەوێ

بیکەی‌و ئەوەی فەرمانت پێدراوە بیکەی فەرموو بیکە ، ئینشائەللا ئەمبینی بە خۆگری‌و لە خۆگران ئەبم بەرابەر بەم فەرمانی خودا •

جا کاتێ باوك‌و كوڕ هەردووكیان خۆیان تەسلیمی خودا كردو بەلای راستدا دای‌بەزەویداو ، لەو كاتەدا تەوێڵی دای بە زەویدا فەرمانمان دا بە بەخشینی ئیسماعیل‌و رزگاركردنی لەو مەینەتەو ، بانگمان كرد وتمان : ئەی ئیبراهیم بە راستی خەوەكەی خۆت بە راست گێڕاو ، فەرمانەكەت بەجێ‌هێناو گومان نەما لە خۆبەختكردنتانا لە رێگەی بەجێهێنانی فەرمانی خودادا ، وە لە بەر ئەو خۆبەختكردنەتان ئێمە چاوپۆشیمان لێ‌كردنو ، بەو شێوە پاداشی چاكەكەرانو پیاوچاكان ئەدەینەوە • بە راستی ئەمە بەراوردێكی دیاری بوو فیدیەی ئیسماعیلمان دا بە كوشتێكی گەورەی گۆشتنی قەڵەوو بەجێمان هێشت بۆ ئەو لە ناو گەلانی دواییدا جوملەی سەلام‌كردن لەسەر ئیبراهیم • ئێمە بەو شێوە پاداشی چاكەكەران ئەدەینەوە ، بە راستی ئیبراهیم لە بەندە خاوەن باوەڕەكانی ئێمەیە •

(وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (١١٢) وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ ، وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِنَفْسِهِ مُبِينٌ) (١١٣)

وە موژدەمان دا بە ئیبراهیم بە پەیدابوونی ئیسحاق كە حاڵی وەهایە پێغەمەرێكە لە رشتەی پیاوچاكان ، یا خودی خۆی چاكەو لە پیاوە باشەكانە ، وە بارانی پیرۆزیمان رژاند بەسەر ئیبراهیم‌و ئیسحاقاو لە نەتەوەی ئەوانیشا ئینسانی خاوەن ئیحسان‌و ئینسانی ستەمكاری ئاشكرا هەیە كە ستەمی لە خۆی كردوە •

(وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَى مُوسَى وهارُونَ (١١٤) ونَجَّيْنَاهُمَا وقَوْمَهُمَا مِنَ الكَرْبِ العَظِيمِ (١١٥) ونَصَرْنَاهُمْ ، فَكَانُوا هُمْ الغَالِبِينَ (١١٦) وآتَيْنَاهُمَا الكِتَابَ المُسْتَبِينَ (١١٧) وهَدَيْنَاهُمَا الصِّرَاطَ المُسْتَقِيمَ (١١٨) وتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِي الآخِرِينَ (١١٩) سَلامٌ عَلَى مُوسَى وهارُونَ (١٢٠) إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي المُحْسِنِينَ (١٢١) إِنَّهُمَا مِنْ عِبادِنَا المُؤْمِنِينَ) (١٢٢)

وە بە راستی منەتمان نا بەسەر موساو هاروونا کاتێ خۆیانو گەلەکەیانمان لە بەڵای گەورە ، کە زاڵبوونی فیرعەون بوو بەسەریانا ، رزگار کرد • دەیشگونجێ بەڵای گەورە دەریای نیل بێ کاتێ خودا فیرعەونو گەلەکەی تێدا خنکاندو مووساو هاروونو پەیڕەوانیانی رزگار کرد •

وە یارمەتیمان دانو لە ئەنجامدا ئەوان زاڵبوون بەسەر فیرعەوناو لە سەرکەوتووان بوون ، وە ئەو کتێبە روونکەم پێداونو رێگەی راستم نیشانداونو لەناو کۆمەڵە دواییەکانا ناوو سەلامم بۆ بەجێهێشتوون ، کە گەلانی دوایی سەلام لە موساو هارون ئەکەن • ئێمە ئاوا پاداشی چاکەکەرانو پیاوچاکان ئەدەینەوە ، بە راستی ئەوان لە بەندە موسوڵمانەکانی ئێمەن •

(وإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ المُرْسَلِينَ (١٢٣) إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ : أَلا تَتَّقُونَ ؟ (١٢٤) أَتَدْعُونَ بَعْلاً وتَذَرُونَ أَحْسَنَ الخَالِقِينَ ؟! (١٢٥) اللهَ رَبَّكُمْ ورَبَّ آبائِكُمْ الأَوَّلِينَ (١٢٦) فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٢٧) إِلاَّ عِبادَ اللهِ المُخْلَصِينَ (١٢٨) وتَرَكْنا عَلَيْهِ فِي الآخِرِينَ (١٢٩) سَلامٌ عَلَى

اِلْیاسِینَ (١٣٠) اِنّا کَذلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِینَ (١٣١) اِنَّهُ مِنْ عِبادِنَا الْمُؤْمِنِینَ) (١٣٢)

بێ‌گومان ئیلیاسی کوڕی یاسین کچەزای هاروونی برای حەزرەتی موسا لە پێغەمەرەکانە ، لەو کاتەدا کە فەرمووی بە گەلەکەی : بۆچی تەقوای خودا ناکەن ؟ ئایا ئێوە بانگ لە (بەعل) ـ ناوی بتەکەیانە ـ ئەکەن‌و واز لە خودا دێنن کە باشترینی پەروەردگارە کە ناوی ئەڵڵایەو خودای ئێوەو باوك‌و باپیرە گەورە پێشوەکانتانە ؟! ئەوانیش بەدرۆیان خستەوە ، جا بە راستی ئەوان حازرئەکرێن‌و رائەکێشرێن بۆ مەیدان‌و لەوێوە بۆ شوێنی سزا ، بەڵام بەندە پاکەکانم دوورو پارێزراون لە سزا . وە دوای خۆیان ، لەبەر رێزی ئەوان . ناوو سەلاممان هێشتەوە بۆ (الیاسین) تا نیشانەی رێزی پیاوچاکان بێ لای خوداو ، ئێمە بەو جۆرە پاداشی پیاوچاکان ئەدەینەوەو بە راستی ئیلیاس لە بەندە خاوەن باوەڕەکانی ئێمەیە .

(وَاِنَّ لُوطاً لَمِنَ الْمُرْسَلِینَ (١٣٣) اِذْ نَجَّیْنَاهُ وَاَهْلَهُ اَجْمَعِینَ (١٣٤) اِلاَّ عَجُوزاً فِي الْغَابِرِینَ (١٣٥) ثُمَّ دَمَّرْنَا الآخَرِینَ (١٣٦) وَاِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَیْهِمْ مُصْبِحِینَ (١٣٧) وَبِاللَّیْلِ اَفَلا تَعْقِلُونَ ؟) (١٣٨)

بێگومان حەزرەتی (لوط)ی برازای ئیبراهیم لە پێغەمەرە بەرێزەکانە لە لای خودای تەعالا ، جا باسی ئەوە بکە کە خۆی‌و ئەهل‌و خێزانی هەموویان پیرەژنێ نەبێ کە لەوانە حساب‌کرابو کە بەر قاری خودا ئەکەون .. رزگارمان کردن لە سزای وێرانکردنی نیشتمان بەسەریانا ، وە پاش ئەم ئەهلە ئەو دوای ئەو گەلەم هەموو وێران‌و وەیلان کردو ، وڵاتەکەم بەسەردا هەڵگێڕانەوە ، وە ئێوە بەیانیان‌و ئێواران بەلایاناو بەسەر

ولاتەکەیانا رائەبوورنو شوێنەواری وێرانەیانو ئەنجامی سەرسەختیو بەدبەختی ئەبینن ، ئایا پاش ئەو دیتنو تەماشاکردنە هێشتا هەر عەقڵی ئەوەتان نیە کە بیر بکەنەوە لەوەدا کە فەرمانبەرداری خودا باشەو نافەرمانی خراپە ؟

(وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (١٣٩) إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (١٤٠) فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ (١٤١) فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (١٤٢) فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (١٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤٤) فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (١٤٥) وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِنْ يَقْطِينٍ (١٤٦) وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَى مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ (١٤٧) فَآمَنُوا ، فَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ) (١٤٨)

وە بە راستی یونس کوڕی مەتی لە فورستادەکانی خودایە بۆ تەمێی ئادەمیزاد ، لەو کاتەدا کە دڵی زویر بوو لە گەلەکەی هەڵهات بۆ ناو ئەو کەشتییە کە پڕ بو لە ئادەمیو لە کووتاڵی پێویستی ئینسان ، جا کاتێ کەشتییەکەیان لە دەریادا وەستاو پەکی کەوت قورعەیان کێشا یەکێکیان بخەنە دەریاکەوە ، قورعە بۆ یونس دەرچوو خستیانە ناو دەریاوەو نەهەنگێ قووتی دا ، لەو کاتەدا یونس لۆمەی خۆی ئەکرد : بۆچی وای کرد بە خۆیو خۆی نەگرت بەرابەر گەلەکەی ؟ جا ئەگەر یونس لەوانە نەبوایە کە لە کاتی هێمنیدا زیکری خودای ئەکرد ، یا ئەگەر لە ناو سکی نەهەنگەکەدا نەیوتایێ (لا إله الا أنت ، سبحانك ! اني كنت من الظالمين) لە سکی ئەو نەهەنگەدا ئەمایەوە هەتا ئەو رۆژە کە ئادەمیزاد زیندووئەکرێنەوە لە قیامەتا ، جا بە هۆی پیرۆزی ئەو زیکرو تەسبیحاتەوە فەرمانمان دا نەهەنگەکە

هاته که‌ناری ده‌ریاو ده‌می کرده‌وه تا یونس ئاماده بوو فه‌رمان دا ده‌ره‌وه بۆ شـــــوێنێکی خـالی له دارو له گیاو ، ئه‌ویش نه‌خۆش بو . لــه‌وێــدا دارکوولەکه‌یه‌کمان به‌سه‌ردا رواند ؛ چونکه ئه‌و داره مێشی لێ نانیشـــی‌و ئه‌ویش له‌شی زۆر ناسك بووبووه‌وه ، ئه‌گه‌ر مێشی لێ بنیشتایه ئازاری ئه‌دا ، وه به‌و جۆره مایه‌وه تا که‌مێ له‌شی به‌شـــێکی له ساغی وه‌رگرت ، جـا ره‌وانه‌مان کرد بۆ لای گه‌لێ له ئاشوورییه‌کان له موصلدا که ژماره‌یـــان صه‌د هه‌زار که‌س بوون‌و به‌لکو له‌و ژماره‌یش زیاتر بوون . جا باوه‌ڕیـــان پێ‌کردو ئێمه‌یش خۆشی‌و رابواردن‌و ســـه‌ربه‌رزیمان پێـــدان تا کاتێکی دیاری‌کراو .

(فَاسْتَفْتِهِمْ ! أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ ؟! (١٤٩)
أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ ؟! (١٥٠) أَلَا إِنَّهُمْ
مِنْ إِفْكِهِمْ لَيَقُولُونَ (١٥١) وَلَدَ اللَّهُ ! وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (١٥٢)
أَصْطَفَى الْبَنَاتِ عَلَى الْبَنِينَ ؟ (١٥٣) مَا لَكُمْ كَيْفَ
تَحْكُمُونَ ؟ (١٥٤) أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ؟ (١٥٥) أَمْ لَكُمْ سُلْطَانٌ
مُبِينٌ ؟ (١٥٦) فَأْتُوا بِكِتَابِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) (١٥٧)

جا له‌و کافره بێ‌هۆشانه ، کـــه مه‌لائیکه بـه کچی خـــوا دائه‌نێن ، بپرسه : ئایا خودا کچانی بۆ خۆی هه‌لبژاردووه‌و بۆ ئه‌وانه کوڕان ؟ یا خه‌یر هه‌ر له بناغه‌دا من فریشته‌کانم به مێینه دروســـــت‌کردووه‌و ئه‌وان حازری دروستکردنیان بوون ؟! بێداربنه‌وه ! ئه‌مه له درۆی ئه‌و کافرانه‌یه کـــــه ئه‌لێن خودای ته‌عالا نه‌وه‌ی هه‌یه‌و ، ئه‌وان درۆزن‌و ، به تایبه‌تی له‌م وتاره‌دا درۆ ئه‌که‌ن .

ئایا لەسەر فەرزی نەتەوە ئەو کچان هەڵئەبژێری و کوڕان هەڵنابژێرێ ؟ چیتان لێ قەوماوە ؟ چۆن ئەم حوکمە ناماقوڵانە ئەدەن ؟ ئایا بیرێ بۆ خۆتان ناکەنەوە هەتا بزانن پێویستە ئینسان قسەیێ بکا رێگەو جێگەیەکی بێ ؟ یا خەیر ئەگەر کەسێ داوای بەڵگەتان لێ بکا ئێوە بەڵگەیەکی رووناکتان هەیە لەسەر بیروباوەڕەکەتان ؟ دەی ئەو کیتابە کە ئەم جۆرە داوایە دەسەلمێنێ لە کوێیە ؟ بیهێنن ئەگەر راست ئەکەن •

(وجَعَلُوا بَيْنَهُ وبَيْنَ الجِنَّةِ نَسَبًا ، ولَقَدْ عَلِمَتِ الجِنَّةُ إنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ (١٥٨) سُبْحانَ اللهِ عَمَّا يَصِفُونَ (١٥٩) إلاَّ عِبادَ اللهِ المُخْلَصِينَ (١٦٠) فَإنَّكُمْ ومَا تَعْبُدُونَ (١٦١) مَا أنْتُمْ عَلَيْهِ بِفاتِنِينَ (١٦٢) إلاَّ مَنْ هُوَ صَالِ الجَحِيمِ) (١٦٣)

وە ئەو کافرە درۆزنانە بڕیاریان داوە لە نێوان خوداو جینەکانا پەیوەندی و ژنخوازی ، ئەڵێن خودا ژنی خواستوە لە جین و لە بەر شەرەفی خودا مەلائیکە پەیدا بوە ، وە بە راستی جینەکان ئەزانن و بیستوویانە کە لە رۆژی قیامەتا سزا ئەدرێن و حازر ئەکرێن بۆ سزا • خودا زۆر پاکو دوورە لەو پەیوەندییە بێنرخانە کە ئەوان دروستیان کردوون ، بەڵام بەندە پاکەکان دوورن لە سزا ، بە راستی ئەی جینەکان ئێوەو ئەوانە کە بەندەییان بۆ ئەکەن ناتوانن ئیفسادی ئادەمیزاد بکەن لەسەر خودا ، مەگەر یەکێ لە عیلمی خودادا رابوردبێ کە ئەبێ داخڵی دۆزەخ ببێ •

(ومَا مِنَّا إلاَّ لَهُ مَقَامٌ مَعْلُومٌ (١٦٤) وإنَّا لَنَحْنُ الصَّافُّونَ (١٦٥) وإنَّا لَنَحْنُ المُسَبِّحُونَ) (١٦٦)

ئه‌م ئایه‌تانه چه‌ن جومله‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆن‌و بەیانن بۆ ئیقراری فریشته‌کان بەوه کە ئه‌وان به‌نده‌ی فه‌رمانبه‌رداری خودان‌و ، ئاماده‌ی خزمه‌تن‌و ، په‌یوه‌ندی رشته‌ی وه‌لاده‌ت‌و خزمایه‌تییان له‌گه‌ڵ خودادا نیه وه‌کو کافره‌کانی قوره‌یش وتوویانه‌و به ناو خه‌ڵکا بڵاویان کردوه‌ته‌وه •

واته هیچ تاقمێ له ئێمه‌و هیچ یه‌کێ له مه‌لائیکه نیه ئیللا جێگه‌و شوێنێکی دیاری له خوداناسیداو ، له به‌نده‌یی‌کردناو ، له به‌جێهێنانی فه‌رمانی خودادا له زه‌ویدا یا له ده‌ریادا یا له هه‌واو ئاسماندا ••• هه‌یه ، واته هه‌رچۆن فه‌رمانمان پێ‌ئه‌درێ ملکه‌چین بۆ به‌جێهێنانی •

وه هه‌موو ئێمه به ریز ئه‌وه‌ستین‌و ئاماده‌ین بۆ به‌جێهێنانی فه‌رمان‌و ئێمه هه‌موو ته‌سبیحی زاتی خودا ئه‌که‌ین‌و به‌یانی ئه‌وه ئه‌که‌ین که خودا دووره له که‌م‌و کووڕی‌و خاوه‌نی سیفاتی ته‌واوو کرده‌وه‌ی جوانه •

جا مادام فریشته‌کان ئه‌م به‌یانه ئه‌که‌ن له ئاسمانا یا له زه‌ویدا ئیتر ئه‌و داوا پڕو پووچانه که کافره‌کان ئه‌یانکه‌ن بێ مه‌عناو بێ سوودن •

(وَإِنْ كَانُوا لَيَقُولُونَ : (١٦٧) لَوْ أَنَّ عِنْدَنَا ذِكْرًا مِنَ الأَوَّلِينَ (١٦٨) لَكُنَّا عِبَادَ اللهِ الْمُخْلَصِينَ (١٦٩) فَكَفَرُوا بِهِ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ !) (١٧٠)

وه به راستی کافره‌کانی قوره‌یش ئه‌یانوت : ئه‌گه‌ر ئێمه کتێبێکمان بۆ بهاتایێ له لایه‌نی خوداوه‌و به هۆی فورستاده‌ی ئه‌ووه‌وه وه‌کو کتێبی گه‌له پێشووه‌کان ئێمه‌یش له به‌نده موخلیصه‌کانی خودا ئه‌بووین‌و باوه‌ڕێکی به هێزو کرده‌وه‌یه‌کی جوانمان ئه‌کرد • که‌چی له پاش ئه‌وه که خودا کتێبێکی به‌رزی به‌ڕێزی بۆ ناردن ، که قورئانه ، ئینکاریان کردو وتیان : که‌لامی

خودا نیە ! جا لەمەولا لە دنیادا یا لە قیامەتا باش حالّی ئەبنو ئـەزانن ئـەو قورئانە کەلامی خودایە یا نە !

(ولَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ : (١٧١) إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنْصُورُونَ (١٧٢) وإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ (١٧٣) فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ (١٧٤) وأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ (١٧٥) أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ (١٧٦) فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَاءَ صَبَاحُ الْمُنْذَرِينَ (١٧٧) وتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ (١٧٨) وأَبْصِرْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ) (١٧٩)

بە راستی رابوردوەو دامەزراوە وتاری ئێمەو وەعـدەمان بـۆ ئـەو بەندانەمان کە کراون بە پێغەمەرو رەوانەکراون ، بە راسـتی ئـەوانـە کەساتێکی وەهان کە لە لایەنی خوداوە یارمەتییان ئەدرێو ئەوانە سـوپای ئێمەنو ، هەرچی سەربازو سوپای ئێمە بێ ، بە راستی ، ئەوە هەر ئەوانن زاڵو سەرکەوتوو بەسەر دوژمنەکانی دینا • دەی وازیان لێ بێنە تا ماوەیێ ، تا کاتو سەعاتی تۆڵە لێسەندنیان دێ ، جا بۆیان بڕوانە بزانە چییان بەسەر دێ ، لەوەولا چاویان بە ئەنجامی خۆیان ئەکەوێ ! ئایا ئەو کافرانە پەلەپەلی هاتنی سزای سەختی ئێمە ئەکەن ؟ کاتێ ئەو سزا بەردەرگایان پێبگـرێو گەمارۆیان بدا ئەو کاتە سبەینێیەکی بەدو ناشیرینە سبەینێی ئەو گـەلـە ترسێنراوانە • دە پشتیان لێ هەڵبکە تا ماوەیێو بڕوانە بۆ حاڵیان لەمەولا چاویان بە خۆیان ئەکەوێ !

(سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ (١٨٠) وسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ (١٨١) والْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (١٨٢)

خودای تۆ ، ئەی خۆشەویست ، پاکە لە عەیبی هاوصینفیو هاوجۆریو هاوجینسی لەگەڵ هیچ شتێکداو ، پەروەردگاری خاوەن عیزەت پاکە لەو عەیبانە کە ئەو گاڤرانە نیسبەتیانی لێ ئەدەن • وە سەلامو هێمنی لە هەموو عەیبو مەکرووهێ بێتەخوارەوە بۆ سەر پێغەمەرە مورسەلەکانو ؛ هەرچی سوپاسو ستایش هەیە بۆ خودایە ئەو خودا کە پەروەردگاری هەموو عالەمە •

سووره‌تی (ص) له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، هه‌شـــــتاو هه‌شت ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (قه‌مه‌ر) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ ! (١) بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ) (٢)

ئه‌م سووره‌ته پێی ئه‌ڵێن : صاد ، سوێند ئه‌خۆم به‌م قورئانه كـه هۆی رێزو كه‌رامه‌ته بۆ ئه‌وانه كـه باوه‌ڕی پێ ئه‌كـه‌ن ، وه هۆی رێنومایی‌و ئامۆژگارییه بۆ ئه‌وانـه ده‌رزی ئه‌ده‌ب وه‌رئه‌گرن‌و ، بـه زیكری خـودا ئه‌ژمێررێ بۆ ئـه‌و كه‌سانه قورئان ئه‌خوێنن ، سوێند بـه‌م قورئانه كـه باسمان‌كرد ! بۆ ئه‌وه ئه‌شێ بكرێ به پێشه‌وا بۆ هۆشیاران‌و بكرێ بـه هۆی به‌ختیاری به‌ختیاران .

به‌ڵام تۆ وازبێنه له‌وه كـه بـه راستی قورئان پایه‌داره ، كافره‌كان هه‌میشه وان له ده‌ماربازی‌و ئاشووب‌سازیدا به‌رابه‌ر بـه‌و ، وه خه‌ریكی موخاله‌فه‌كردنی خوداو پێغه‌مه‌ری خودان ، كه وابێ پێویسته دین‌خواهان خۆبگرن‌و خذمه‌تی قورئان بكه‌ن هه‌تا ئه‌مرن .

(كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ فَنَادَوْا وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ !) (٣)

گەلێ ئەهلی چەرخی پێشوومان لەناوبرد لەسەر بەدبیریو بێباوەڕیو بەدکرداریو ، کاتێ گیرۆدە بوون دەستیان کرد بە هاوارکردنو پاڕانەوە لە خودا بو رزگاربوون ، بەڵام ئەوە کە ئەوان تیایا پاڕانەوە لە خودا وەخت بەسەرچووبوو ، ماوەی پەنابردن نەمابوو •

(وَعَجِبُوا اَنْ جاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ ، وَقالَ الْكافِرُونَ : هذَا ساحِرٌ كَذّابٌ ! (٤) اَجَعَلَ الآلِهَةَ إلهاً واحِداً ؟! اِنَّ هذا لَشَيْءٌ عُجابٌ (٥) وانْطَلَقَ المَلأُ مِنْهُمْ : اَنِ امْشُوا واصْبِرُوا عَلى آلِهَتِكُمْ اِنَّ هذا لَشَيْءٌ يُرادُ (٦) ما سَمِعْنَا بِهذَا فِي الْمِلَّةِ الآخِرَةِ ، اِنْ هذا اِلاّ اخْتِلاقٌ (٧) اَأُنْزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِنْ بَيْنِنَا ؟! بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِنْ ذِكْرِي، بَلْ لَمّا يَذُوقُوا عَذَابِ) (٨)

وە ئەو کافرانە سەریان سوڕئەما لەوە کە پێغەمەرێکی خەڵکترسێن لە نەتەوەی خۆیان هاتوە بۆ لایانو ئەیانترسێنێ لە سزای قیامەتو ، کافرەکان بەو سەرسوڕمانەوە نەوەستان ، بەڵکو هێرشیان بردەسەریو وتیان : ئەم شەخصە جادووگەرە ئەیەوێ بە فێڵ خۆی بە رەهبەر نیشان بداو زۆر درۆزنە ، ئایا ئەمە عەقڵ وەریئەگرێ کە چەن خودای چەرخ بەسەرا هاتوو بەتاڵبکاتەوەو بڵێ خودا هەر یەکێکە ! بە راستی ئەمە شتێکە جێگەی سەرسوڕمانە ، وە کۆمەڵەی پیاوەگەورەکانیان لە مەجلیسی ئەبوطالیب دەرچوونو وتیان : بڕۆن بە رێگەی یاسای خۆتاناو خۆتان بگرن لەسەر بەندەییو پەرستنی خوداکانتان ، بە راستی ئەمە کە ئەم شەخصە بەیانی ئەکا بۆ ئێوە شتێکە قەصد ئەکرێ ، واتە ئەکرێو روو ئەدا ، دنیا

خاڵی نیه لـه بەرانبەرکیٚ‌و دژایەتی ٠ وە یاخود ئـەم جۆرە داوایانە ئـەم شەخصـە ئـەیانکا مەقصوودە بۆی بۆ گەیشتنی بـە پایـەی سـەرۆکی‌و گەورەیی ٠

ئەمەی کـە ئەم پیاوە ئەیڵیٚ شتیٚکی تازەیەو لـەم چەرخە دواییەدا نەمانبیستوە ، ئەمە درۆو دەلەسە هەڵبەستن نەبیٚ هیچی تر نیە ، ئایا ئایەتی خودا لـە ناو ئـەم هەموە کۆمەڵی قورەیشەدا تەنهـا بۆ ئـەو هـاتوەتە خوارەوە ؟!

جا خودا بۆ بەرانبەری ئـەوان ئەفەرمویٚ : ئیٚوە واز لـەم کافرانە بیٚنن ، ئەمانە دوودڵ‌و گوماناوین لە هاتنی قورئاندا ، واتە لە ناردنەخوارەوەی ئایەتی منداو ئەڵیٚن : پەیام‌و هاتنەخوارەوەی وەحی لە ئاسمانەوە درۆیەو بناغەیەکی نیە ٠ نەء ، ئەمانە بۆیە ئەوەندە بیٚ شەرمن هیٚشتا سزای ئیٚمەیان نەچەشتوە ، ئەگەرنا ئەوەندە بیٚ‌شەرم نەدەبوون ٠

(اَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ العَزِيزِ الوَهَّابِ ؟(٩) اَمْ لَهُمْ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ والاَرْضِ ومَا بَيْنَهُمَا ، فَلْيَرْتَقُوا فِي الاَسْبَابِ (١٠)جُنْدٌ مَا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِنَ الاَحْزَابِ) (١١)

ئایا ئـەم کافرانە گەنجینـەی میهرەبانـی خـودای خـاوەن عیزەتی بەخشندەیان لە لایە هەتا بە ئارەزووی خۆیان پلەو پایە ببەخشنەوە ؟ یاخود گەورەیی‌و سەرداری ئاسمان‌و زەوی‌و نیٚوان ئەوانیان هەیەو بە بیٚ ئەوان هیچ کەس بە هیچ مەبەستیٚ ناگا ؟ جا ئەگەر وەهایە با سەرکەون بە هۆی پەینجەوە بە ئاسمانەکاناو ، بڕۆن بۆ ئاسمان‌و بۆ عەرش‌و ئەو شویٚنانەیش داگیر بکەن ! خاك بەسەریان سوپاگەلیٚ هەن لە هەموو تاقمە عەرەبەکان کە بەم زووانە ئەشکیٚن‌و بەرباد ئەبن ٠

{ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وعادٌ وفِرْعَوْنُ ذو الأوْتادِ (١٢)
وثَمودُ وقَوْمُ لوطٍ وأَصْحابُ الأَيْكَةِ . أُولَئِكَ الأَحْزابُ (١٣)
إِنْ كُلٌّ إِلاّ كَذَّبَ الرُسُلَ فَحَقَّ عِقابِ) (١٤)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئـەم سەرپێچیو بەربەرەکانیە لەگـەڵ پێغەمەرانا هەر ئیمڕۆ نەبوە ، ئەمە کۆنەو لە پێش ئەم کافرانی قورەیشەدا گەلی نوحو ، گەلی عادو ، گەلی فیرعەونی ستەمکاری خاوەنی چوارمێخە • واتە فیرعەون یەکەم کەسێ بو کە تاوانباری قانوونی وڵاتی خۆی ئەهێناو چوارپەلی ئەبەستنەوە بە چوار مێخ لە دووری یەکەوە هەتا هەر یەکێ لەوانە رابکێشرێ بۆ لایێو کابرا بەو سزاوە بسرێ • بەمە دەوترێ : (چوار مێخە کێشانەوە) •

وە گەلی ثەمودو ، گەلی لوطو ، ئەو کۆمەڵە کە لە نزیکی بێشەلانو مێرگدا بوون • واتە گەلی شوعەیب • ئـەم گەلانە هـەر یەکە لـە لای خۆیەوە هێرشیان بردوەتە سەر پێغەمەرەکانی خۆیان • وە هەموو ئەمانە هیچ نەبوون ئـەوە نـەبێ کۆمەڵێ بوون بێشەرمو پێغەمەرەکانی خۆیان بەدرۆخستەوە ، جا قارو تۆڵەی من هات بەسەر هەموویانا •

(وما يَنْظُرُ هؤلاءِ إلاّ صَيْحَةً واحِدَةً ما لَها مِنْ فَواقٍ (١٥)
وقالوا : رَبَّنا عَجِّلْ لَنا قِطَّنا قَبْلَ يَوْمِ الحِسابِ) (١٦)

وە ئەو کۆمەڵە کافرانی دەوری تۆیە تەماشای هیچ ناکەنو چاوەڕوانی ناکەن بۆ دەنگێکی ترسناکی وا نەبێ کە پاش ئەو دەنگدانە ماتڵ بوون نیە بـە قەی ئەوەنەی کە وشترێ رائەگیرێ لـە نێوان دوو دۆشینا بۆ ئەوە شیر بدا بە خاوەنەکەی • وە ئەو کافرانی مەکە حاڵیان وەها بوو ئەیانوت :

پەروەردگارا بەشی خۆمان پێبدە لەو سزایە کە بۆت ئامادە کردووین لـە پێش رۆژی حسابا •

(اصْبِرْ عَلى ما يَقُولُونَ . واذْكُرْ عَبْدَنَا داوُدَ ذا الأَيْدِي؛ انَّهُ أَوَّابٌ (١٧) إِنَّا سَخَّرْنَا الجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالعَشِيِّ والإشْرَاقِ (١٨) وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَـهُ أَوَّابٌ (١٩) وشَدَدْنَا مُلْكَهُ . وآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وفَصْلَ الخِطَابِ) (٢٠)

خۆت بگـرە لەسـەر وەرگرتنی تاڵی ئـەو قسانە کـە ئـەو کافرانـە ئەیانکەنو . باسی بەندەی خاوەن پایەو دڵڕووناککەرەوە (داود)م بۆ بکە ، کـە خاوەن هێزو کۆشش بوو بۆ بەرگری لـە مافی رەوای خۆیـدا ، بـە راستی ئینسانێکی گەڕاوە بوو بۆ لای خودای جیهان •

ئێمە کێوەکانمان بۆ رامکردبوو ، بۆ ئەوە بەیانیو ئێوارە تەسبیحاتی خودای لەگەڵـدا بکەن ، وە پەلەوەریشمان لـە هەمـوو لایەکـەوە بـۆ گردکردبووەوەو دارایيو حوکوومەتی داودمان باش بەهێز کردو ، هێـزی زانستی رەسامان پێدا ، هەروەها وتارێکی وامان پێبەخشی کـە داوەری دەکرد لە نێوان ناکۆکاندا بێ لادانو ستەم لە هیچ بەرەیەکیان داواکـەی دەبڕیەوەو ، وتەکانی رەواو بێفێڵو تەڵەکە بوون •

(وهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الخَصْمِ ؟ : إِذْ تَسَوَّرُوا المِحْرَابَ (٢١) إِذْ دَخَلُوا عَلَى داوُدَ ؛ فَفَزِعَ مِنْهُمْ . قَـالُوا : لا تَخَفْ : خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ ؛ فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ : ولاَ تُشْطِطْ ؛ واهْدِنَا إِلى سَواءِ الصِّرَاطِ) (٢٢)

ئایا ئەی خۆشەویست هەواڵی دوژمنەکانی لای حەزرەتی داودت بۆ هاتوە ؟ : کاتێ کە بە دیواری مزگەوتەکەیدا سەرکەوتن و چوونە ماڵەوە بەسەر داوداو داود لێیان ترسا ؛ چونکی لە ناکاواو لە رێگەی نائاساییەوە چوونە لای • کاتێ تێگەیشتن کە داود لێیان ترساوە ، پێیان وت : لێمان مەترسە ئێمە مەبەستمان لەگەڵ تۆدا خراپ نیە • ئەوەندە هەیە ئێمە دوو کەسین نیزاعێك لە نێوانماندا هەیەو بازێکمان چوە بەسەر بازێکمانا ، جا تۆ داواو باسەکەمان لێ وەربگرەو داوەریمان بکە بە شتێ کە راست بێ و ، لە داوەرییەکەدا ستەم مەکەو رێگای راستمان پێ نیشان بدە •

(إِنَّ هذا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً ، وَلِيَ نَعْجَةٌ واحِدَةٌ ، فَقالَ : أَكْفِلْنِيها ، وَعَزَّنِي فِي الْخِطابِ (٢٣) قالَ : لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤالِ نَعْجَتِكَ إِلى نِعاجِهِ ، وَإِنَّ كَثِيراً مِنَ الْخُلَطاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلى بَعْضٍ ، إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحاتِ ، وَقَلِيلٌ ما هُمْ ، وَظَنَّ داوُدُ أَنَّما فَتَنَّاهُ ؛ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ راكِعاً وَأَنابَ (٢٤) فَغَفَرْنا لَهُ ذلِكَ ، وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنا لَزُلْفى وَحُسْنَ مَآبٍ (٢٥) يا داوُدُ إِنَّا جَعَلْناكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ ، فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ ، وَلا تَتَّبِعِ الْهَوى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ ، إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللهِ لَهُمْ عَذابٌ شَدِيدٌ بِما نَسُوا يَوْمَ الْحِسابِ) (٢٦)

جا بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەیان یەکێکیان بە داودی وت : ئەمە وا لەگەڵما برامەو نەوەدو نۆ کاوڕە مێچکەی هەیەو من تاقە کاوڕێکم هەیە ، کەچی براکەم ئەڵێ : ئەو کاوڕی خۆمە پێ بدەو ، بە قسە زەوتی ناکەم •

جا داود فەرمووی : بە راستی ئەو برا زۆری لێ کردووی لەوەدا کە داوای ئەو تاقە کاوڕەی لێ‌کردووی تـا بیخاتـــە پاڵ کـاوڕەکـانی خـۆی [با لەصەد کەمی نەبێ !] بە راستی گەلێ لەوانە کە وا ماڵیان بەیەکەوەیەو ئاژەڵ‌و شتیان ئامێتەیە زیادەڕەوی ئەکەن‌و دەسدرێژی ئەکەن بەســـــەر بازێکیانا ، ئەوانە نەبێ کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی باشــــیان کردوە ـ ئەوانەیش زۆر کەمن ـ •

جا کابراکان رۆیشتن‌و ، حەزرەتی داود ـ د ـ لەم هاتنە ناوادەو لـەم رۆیشتنە بە بێ هەراو قاڵەدا بێدار بوەوە بۆ تەماشــاکردنی حاڵی خۆی‌و ، حاڵی بو کە ئێمە گیرۆدەی ئەو ترسە ناوەختەو ئەو پرسیارەمان کردوە بـۆ ئەوە کە خۆی زۆر چاودێری نەفسی خۆی بکاو بە قەی پیرۆزی پێغەمەران پاکی نەفســییەتی خۆی رابگرێ‌و دووری بخـاتــەوە لە خەیاڵی نـابـار • جا لەبەر ئەوە کەوتە پاڕانەوەو کەوت بەڕووداو بۆ لای خودا گەڕایەوە • ئێمەیش لەو خەیالآتە کە بە دڵیدا هاتبوون بەخشیمان • بە راستی بۆ داود لە لای ئێمەوە پایەی نزیکی‌و سەرئەنجامی جوان لە قیامەتا لـــە کاتی بەقـادا هەیە • وە بانگمان کرد : ئەی داود ئێمە تۆمان کـــرد بە جێگەنشــــینی پێغەمەرانی پێشـــوو لە گەیانـدنی فەرمانی خـــوداو تەمێکردنی ئادەمی‌و حوکمدان لە نێوان ئەوانا ، ئادەمیزاد دێنە لات‌و داوای داوەریت لێ ئەکەن دەی بە حەق داوەرییان بکەو لە رێگە لامەدەو مەکەوە شـــوێن ئارەزووی نەفس تا لە رێگەی خودا لات نەدا ، بـە راستی ئەوانە کـــە ئـەو رێگەیە ون‌ئەکەن خودا سزایەکی سەختی بۆ داناون بە هۆی فەرامۆشکردنی رۆژی حیساب‌و رۆژی کێشانەکردنەوە •

وە ئەوەی کە زانایانی تەفسیر لەم شوێنەدا لەسەری یەك قســـــەن ئەمەیە : کە جارێ لە جاران باس‌و تاریفی خێزانی یەکێ لـە لای حـەزرەتی

داودا کراو ، زۆر باسی جوانیو شۆخی ئەو ئافرەتە کرا • ئەویش لـە دڵی خۆیدا وتی : خۆزگە ئەو ژنە بە حەلاڵی بۆ ئەو بوایە • لەگەڵ ئەوەشـــدا خۆی لەوکاتەدا گەلێ ژنو جارییەی جوانی هەبوو • جا خودا بەم کارەساتە ئاگاداری کردەوە کە رەوا نیە بۆ پێشەوای مەزن خەیاڵی ئەوە بکا نیعمەتێ درابێ بە یەکێ دەردەستی بکا بۆ خۆی وە یا بە دڵ ئارەزووی بکا •

وە زیاد لەمە هەر قسەو باسێ بکرێ هەمووی بێ بایەخو بێ بنغەیـــەو لەگەڵ ئەو ستایشەدا ناگونجێ کە خودا بۆ ئەوی کردوە • ئەنا چۆن ئەکرێ ئینسانێ رەهبەرو پێغەمەر بێو کەژو کێوو پەلەوەر زیکری خودای لەگەڵدا بکەنو ، زۆربەی ژیانی لە جیهاد لە رێگەی خودادا سەرف کردبێو ، خودا بڵێ لای ئێمەوە پایـەیـەکی بەرزو رێزو نزیکی لـە ئێمەوە بۆ هـەیـە ••• چۆن ئەبێ زاتی ئاوا خەریکی بیری نارەوا بێ ؟!

زاتێ لـە لـەوحی عیلمی ئـەنوەری
نـاوی نووســـرابێ بۆ پێغەمـــەری
جا بێتــە وجوود بۆ چەرخی جیهـان
لەگەڵ رەوشـــــتی مەردانەی جـوان
کاتێ هاتە نـاو لـە بـۆ کارو بـــار
ببێ بــە مایەی خۆشـــــی رۆزگـار
کاتێ کە دەرچوو بۆ جیلوەی جیهـاد
پاڵــەوانێ بێ ســـــەربەرزو ئـازاد
برازێتــەوە بـــــە ئەمـری خـــودا
بۆ نیشـــاندانی ئـادابی هـــــودا
ببێ بـە ئوستاد بۆ تەمێی ئینســــان
ببێ بــە مایــەی کـــەرەمو ئیحسان

ببێ بــە مەرکەز بۆ دەوری مەردی
بۆ ئیرشادی عام بــە بێ دڵســەردی
بە جۆشـــی دڵو دەروونی بوریــان
مادەی جەمادات بێنێتە گریــان ...
قەت قابیـل نیـــە داوێنەی چــاکی
بـدووریێتــەوە دەزووی نــاپاکیــی
خەیــاڵی نــابوود قیاســی نەفسە
قیاس لــەم کارا وەســـیلەی نەقصە
ئەوەی (نامی) بێ نــاوی لــە دینــا
رێ ناکــا مەگــەر بــە جێی ئەمینــا

(وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلاً . ذَلِكَ
ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا . فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ (٢٧)
أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي
الْأَرْضِ ؟ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ ؟ (٢٨) كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ
إِلَيْكَ مُبَارَكٌ . لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ . وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُوا
الْأَلْبَابِ) (٢٩)

ئێمە ئەم ئاسمانو زەوی‌و نێوانی ئەوانمانە بە خۆڕایی دروســـت نەکردوە . ئەمە گومانی ئەو کەسانەیە کە کافرن‌و باوەڕیان بە خودا نیەو . باوەڕیان وایە ئەم دنیا سارای زۆرانبازی‌و هاتوچۆی بێ سەرو سەرداره ! حاشا هەرچەن گیانداری بەهێز گیانداری بێ هێز داگیر ئەکا ؛ بەڵام هێزێ هەیە کە لەو خاوەن هێزە بە قیمەتتر بێ ؛ وە ئەو کردەوانــە ئــەبێ هــەموو وەڵامیان بدرێتەوە ؛ هەرگیز ئێوە گومــانی خراپی وەهـــا مەبەن وەکـــو کافرەکان . هاوار بۆ کافرەکان لە سزای ئاگری دۆزەخ ! قەت ئێمە شـــتێ دروست ئەکەین کە بێ حیکمەت بێ ؟ یا خەیر خاوەن ئیمانەکان ئەکەین بــە

هاوشانی بێ ئیمانو ، خاوەن کردەوەی باش ئەکەین بــە هاوشـــــانی بەدڕەوشتەکان ؟ حاشا هەزار حاشا • یاسای ئێمە دادگەریو چاودێرییەو ، ڕووناکیو تاریکی خودایان یەکێکە • ئەم قورئانە کتێبێکە ناردوومانــەتــە خوارەوە بۆ لای تۆ بەرزو پیرۆزە بۆ ئەوە کە هۆشیاران بیر لە ئایەتەکـانی خودا بکەنەوە • وە بۆ ئەوە ئینســـــانی عاقڵ تەمێی پێبگرێو پــەنــدی لێ وەربگرێ •

(ووَهَبْنَا لِداوُدَ سُلَيْمانَ نِعْمَ العَبْدُ ، اِنَّهُ اَوَّابٌ (٣٠) اِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الجِيَـادُ (٣١) فَقَالَ : اِنِّي اَحْبَبْتُ حُبَّ الخَيْــرِ عَنْ ذِكْــرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالحِجَابِ (٣٢) رُدُّوهَـــا عَلَيَّ ، فَطَفِقَ مَسْـــحاً بِالسُّوقِ والاَعْنَاقِ) (٣٣)

وە بەخشـــیمان بە داود کوڕێکی نەجیب ناوی سولەیمان بوو ، زۆر بەندەیەکی باش بوو ، بەندەیەکی وەهابوو بە زیکرو تەسبیحاتو یادی خودا لە کاتی شەوو ڕۆژا بۆ لای خودا ئەگەڕایەوە • واتە یادی خودا کاتی داگیر کردبـــوو •

لەو کاتەدا کە پاش نیوەڕۆ خەریکی ڕەووگی ئەسپی ڕەسەنی وەها بو کە دەستو پێیان بڵاوبوو ، یاخود لەسەر یەك سم ڕائەوەســـتانو ئــەوەیش نیشانەی ولاخی ڕەسەنەو ، ئەو ئەســـپانە خۆشڕەوت بوونو پێیـانــەوە مەشغووڵ بوو هەتا ویردی عیبادەتی ئەو ڕۆژەی دواکەوت ، کاتێ کە لــەو کارەساتە ئاگادار بوو ئــەو کـارەی زۆر پێناخۆش بو • فەرمووی : مــن خۆشەویستی ئەو ڕەووگەم هەڵبژاردو بەجێهێنانی ذیکری خودای خـــۆم دواخست هەتا پەردەی کەنارەی ئاسمان ڕۆژی شاردەوە • ئەو ڕەووگەم بۆ

بگێڕنه‌وه . که گێڕانیانه‌وه بۆ لای حه‌زره‌تی سوله‌یمان .. ده‌ستی کرد به بڕینی سه‌رو قاچیان ، واته سه‌ری ئه‌بڕین‌و پاش ئه‌وه ده‌ست‌و پێیشی ئه‌بڕین .

ریوایه‌ت‌کراوه : که حه‌زره‌تی سوله‌یمان غه‌زای دیمه‌شق‌و نه‌صیبینی کردو ، له‌و ولاتانه‌دا هه‌زار ئه‌سپی به غه‌نیمه‌ت گرت‌و هێنانیه‌وه بۆ فه‌له‌ستین‌و . له رۆژێکدا له رانواندنی ئه‌و ئه‌سپانه‌دا ویردو زیکری پاش عه‌صری له‌بیرچوو . جا ئه‌ویش بۆ که‌فاره‌تی ئه‌وه ئه‌سپه‌کانی سه‌ربڕی‌و کردنی به قوربانی له رێگه‌ی خودادا . له‌و چه‌رخه‌دا قوربانی‌کردن به ئه‌سپ باو بوه .

وه بازێ له خاوه‌ن ته‌فسیره‌کان فه‌رموویانه : مه‌به‌س له مه‌سحی (سوق)و (أعناق) ئه‌مه‌یه که حه‌زره‌تی سوله‌یمان ئه‌و ئه‌سپانه‌ی نیشانه کردوه له گه‌ردن‌و په‌لیاناو دوایی له رێگه‌ی خودادا وه‌قفی کردوون بۆ جیهادو بۆ ئه‌وه‌ی پیاوانی جه‌نگی سواریان بن بۆ غه‌زا .

(وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ ، وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَداً ثُمَّ أَنَابَ (٣٤) قَالَ : رَبِّ اغْفِرْ لِي ، وَهَبْ لِي مُلْكاً لاَ يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي . إِنَّكَ أَنْتَ الوَهَّابُ (٣٥) فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ (٣٦) وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ (٣٧) وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الأَصْفَادِ (٣٨) هَذا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٩) وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ) (٤٠)

بە راستی ئێمە سولەیمانمان گیرۆدەکرد بە رووداوێکی وەها کە دڵی ئینسانی تێك ئەدا ، بەم جۆرە کە لەشێکی ناتەواومان فڕەدایە سەر کورسییەکەی ، جا پاش ئەوە کە لە نهێنی ئەو فیتنە گەیی بە لاڵەو پاڵەو پاڕانەوەوە گەڕایەوە بۆ لای خودای خۆی • وە عەرزی بارەگای کردو وتی : پەروەردگارا لێم خۆش بەو تاوانم بپۆشەو داراییەکی وایشم بدەرێ کە پاش من بۆ کەس رێك نەکەوێ دارایی وای ببێ ، تا ببێ بە موعجیزەیەکی وا دەمی تانەو خراپەی گەلی بەنی ئیسرائیل بگرێ ، خودایە بە راستی تۆ بەخشندەی •

جا ئێمە (با)مان بۆ رامکرد ، لە هەوادا بە فەرمانی سولەیمان بە نەرمی ئەڕۆیی بۆ هەر شوێنێ سولەیمان بیویستایێ ، وە شەیاطینیشمان بۆ رامکرد لە هەموو جۆرە کارکەرێ ؛ وەکو : خانوودروستکەر بۆ دروستکردنی کۆشكو قەڵای بەرزو ئەستوور ، وە وەکو ئەوانە رۆئەچن بە دەریادا بۆ دەرهێنانی جەواهیرات ، وە کۆمەڵێ تر لە شەیاطینی بەدڕەوشتمان بۆ رام کردبوو ، کە لە زنجیرا ریز کرابوون ، وە بانگمان کرد لە سولەیمانو بە وەحی پێمان وت : ئەمەی کە پێمانداوی بەخششی ئێمەیە ، جا بەخشش ئەکەی بیکەو نایکەی مەیکە ، بە بێ ئەوە لێپرسینەوەت هەبێ • وە بە راستی بۆ سولەیمان هەیە لە لای ئێمە نزیکیو ئەنجامی باش •

بزانن ! لە بەیانی ئەو لەشەدا کە فڕەدراوەتە سەر کورسییەکەی حەزرەتی سولەیمان فەرموویانە : جارێ سولەیمان ــ د ــ فەرموویەتی : ئیمشەو ئەڕۆم لە ناو خێزانەکانما ئەنووم‌و ، لە هەرکام لەوانە کوڕێکی وام ئەبێ سوار ببێو جیهاد بکا لە رێگەی خودادا • بەڵام ــ بە قەزاو قەدەری خودا ــ لە بیری چوو بڵێ (ان شاء الله) ، دوایی ئەو ژنانە هیچیان سکیان نەکرد یەکێکیان نەبێ ، ئەویش منداڵێکی ناتەواوی بوو کە نیوە ئینسانێ

بوو ! جا کاتێ مامانەکەیان ئەو مەلۆتکەیە دی کەوتە خوارەوە زۆر سـەری سوڕماو ، هێنای لەسەر کورسییەکەی حەزرەتی سولەیمان ـ د ـ فڕەی دا • کاتێ حەزرەتی سولەیمان چاوی پێیکەوت ئاگادار بوەوەو زانی ئـەمـــە ئەنجامی ئەوەیە کـــە (ان شاء الله)ی نەکردوە ، بۆیە بە لاڵەو پاڕانەوەوە گەڕایەوە بۆ لای خوداو داوای لێخۆشبوونی لێکرد • (والله أعلم) •

(واذْكُرْ عَبْـــدَنَا أيُّوبَ إذْ نَادَى رَبَّهُ :أنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وعَذَابٍ (٤١)اُرْكُضْ بِرِجْلِكَ : هـــذا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وشَرَابٌ (٤٢) ووَهَبْنَا لَهُ أهْلَهُ ومِثْلَهُم مَعَهُمْ . رَحْمَةً مِنَّا وذِكْرى لِأُولِي الألْبَابِ (٤٣) وخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثاً فَاضْرِبْ بِهِ ولا تَحْنَثْ . إنَّا وجَدْنَاهُ صَابِراً نِعْمَ العَبْدُ . إنَّهُ أوَّابٌ) (٤٤)

باسی بەندەی پاکی ئێمە بکە کە ئەییوبی کوڕی عیصی کوڕی ئیسحاقو ژنەکەی (لیا)ی کچی یەعقووب بوە ، لەو کاتەدا کە بانگی لە خودای خۆی کرد : بەوە کە شەیتان ئازارو سزای گەیاندوە بە دڵی من ، وە ئێمە چووین بە دەمی ئەو هاوارەوەو وەحیمان بۆ نارد : پێت‌بکوتە بـە زەویدا ، ئـەوە ئاوێکە بۆ ئەوە باشە خۆتی پێ‌بشۆی‌و لێیشی بخۆیتەوە ، کە لێت‌خواردەوە دەردو ناساغی ناوسکت هەموو لائەچن ، وە کاتێ خۆیشت پێ شـــۆری برینی لەشت لە دەرەوە هەمووی خۆش ئەبێتەوە ، ئەویش پێی‌کوتا بـــە زەویداو ئاوەکەی بۆ دەرچوو خۆی پێ‌شۆری‌و لێی خواردەوە • وە هەرچی منداڵی لەناوچووبوو هـەمـووم پێ‌داوەو بۆم زیندووکردەوەو بـــە قەی ژمارەی ئەوانەیشم لەگەڵ ئەوانی تردا پێدایەوە • ئەمەیش لـە میهرەبـــانی

خۆمەوەو ، تا ببێ بە یادگاریش بۆ ئەوانە کە پەند لە رووداوی جیهـــــان وەرئەگرن •

وە لەبەر ئەوە کە سوێندی خواردبوو صـــــەد داریش بـدا لــە خێزانەکەی ئێمە وەحیمان بۆ نارد : بازێ لقەوردەی توول بگرە بە دەستەوە کە صەد دانە بێ بەو کۆمەڵە وردە توولە بدە لە ژنەکەت‌و سوێندی خـۆت مەخە • ئەویش لەسەر فەرمانی ئێمە رەفتاری کرد • ئێمە ئەییووبمان بــە خۆگر هاتە پێش‌چاو ، ئەییووب بەندەیەکی چاکی خودایە ؛ چونکی زۆر پەنا بۆ خودا دەبات‌و دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا •

بێداری ! بازێ فەرموویانە : کـــە ئەییووب کوڕەزای عیص بوەو ، ژنەکەیشی رەحمەی کچی ئەفراییم کوڕی یوسفە •

هەروا بازی فەرموویانە : تاقە جارێ پێی کوتا بە زەویداو یەك ئاو دەرچوو بۆ غوسڵ‌و خواردنەوەیش • وە بازێ ئەڵێن : دوو جار پێی داوە بە زەویداو دوو ئاو دەرچوە ؛ یەکێ بۆ غوسڵ‌و ، یەکێ بۆ خواردنەوە •

وە رۆژێ لە رۆژانی ناساغی ئەییووبدا خێزانەکەی سا (لیا)ی کچی یەعقووب بوە یا رەحمەی کچی ئەفراییم •• ڕۆیشت بۆ دەرەوە بۆ ئیشێك‌و درەنگ هاتەوە بۆ ماڵەوە • لەو ماوەدا ئەییووب سوێندی خوارد وتی : کاتێ هاتەوە صەد داری لێ‌ئەدەم ! جا خودای تەعالا ئـــەم جۆرە کارەی نیشان دا بۆ ئەوە کە سوێندەکەی نەکەوێ •

وە بازێ لــە زاناکان ئەفـەرموون : ئـەم حوکمە بۆ ئایینی ئێمەیش بەکار دێ •

وە بازێ لە تەفسیری (ووهبنا له اهله)دا فەرموویانە : یانی منداڵــە مردوەکانم بۆ زیندووکردەوەو ، بازێ ئەڵێن : وێنەی ئەوانەی پێدا ، بــەم جۆرە لە خێزانەکەی بوون پاش چاك‌بوونەوەی‌و ، ئەوەندەی تریش •

ریوایەتکراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ، لە حەزرەتەوە ـ د ـ کـە ئەییووب ـ د ـ لەو تەنگانەدا هەژدە ساڵ ماوەتەوە بە جۆرێ کە گۆشـتی بەدەنی دائەڕزایە خوارەوە • وە بازێ ئەڵێن : حەوت ساڵ مایەوە • جا کاتێ خودا لەو ئازارە رزگاری کردو ئاوی خواردەوەو خۆی شۆرییەوە هات لە شوێنێکدا دانیشت ، کاتێ خێزانەکەی هاتەوە نەیناسیو وتی : ئەی بەندەی خودا نەخۆشێ لێرەدا بوو چی لێ هات ؟! وە ماوەیێ قسەی لەگەڵا کـــرد نەیناسی ، تا ئەییووب فەرمووی : بۆچی باوەڕ ناکەی ؟ من ئەییووبمو خودا شیفای دام ! جا ژنەکەی قەناعەتی کرد • وە رۆژێ حەزرەتی ئەییووب خۆی ئەشۆری ، تەماشای کرد ئاڵتوون وەکو کولله بەسەریا ئەباریو ئەییووب بە پەله گردی ئەکردەوە • جا خودا وەحی بۆ نـاردو فەرمووی : ئـەوە تێرت نەخواردوە لە نیعمەتەکەی من ؟ ئەویش عەرزی کرد : نەوەڵلا کەس لـــە نیعمەتی خودا تێر ناخوا ! با بێت بەسەرما هەتا هەرکاتێ کە دێ •

(وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ ، أُولِي الأَيْدِي وَالأَبْصَارِ (٤٥) إِنَّا أَخْلَصْنَاهُمْ بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ (٤٦) وَإِنَّهُمْ عِنْدَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الأَخْيَارِ) (٤٧)

وە باسی بەندە باشەکانم بکە کە ئیبراهیمو ئیســـــحاقی کوڕیو ، یەعقووبی کوڕەزایەتی ، کە ئەمانە خاوەن دەستو چاو بوون • واتە خاوەن هێز بوون لە راگەیاندنی ئایندا ، دووربینو خاوەن چاوڕوونی بوون لـــە فەرمانبەرداری خودادا • وە ئێمە ئەم زاتانەمان پاك کردوەتەوە لە خراپە بە هۆی یەك سیفەتی چاکەوە کە باسی رۆژی قیامەتە • واتە بە زۆری باســـی قەبرو قیامەتو لێپرسینەوەی رۆژی قیامەتیان ئەکرد ، بۆ ئەوە مەبادا خودایان لە بیربچێو نەفسیان بایی بێ • وە ئەو زاتانە لە لای من لەو ئینســـانە باشانەن کە لە ناوچەکانا هەڵبژێرراون •

(واذْكُرْ إسمَاعِيلَ . واليَسَعَ . وذَا الكِفْلِ ، وكُلٌّ مِنَ الأخْيَارِ) (٤٨)

وه باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکه کــه چەن فەرمانبەرداری باوكو دایكی بوو ، وه چەن ئینسانێكی راستگۆو به ئیداره بوو لەگــەڵ هەموو کۆمەڵێكدا • وه باسی ئەوەی بکه که له لایەنی ئێمەوه رەوانــــه کرابوو بۆ راگەیاندنی شەریعەتی ئیبراهیمی باوکی •

وه باسی (اليسع) بکه که کوڕی (اخطوب) بوو ، حەزرەتی ئیلیاس کردی به جێداری خۆی لەسەر بەنی ئیسرائیلو ، پاش ماوەیێ خودا وەحی بۆ ناردو کردی به پێغەمبەر •

وه باسی (ذا الكفل) بکه ، ئەویش ئامۆزای (اليسع) بوو لــه بەنی ئیسرائیل بوو • یاخود مەبەس له (ذو الكفل) بیشری کوڕی ئەییووبه •

ریوایەت کراوه : که نزیکەی صەد کەس له پێغەمەرانی بەنی ئیسرائیل له دەس فیتنه رایانکرد بۆ لای ، ئەویش کەفالەتی کردن بۆیه به (ذو الكفل) ناسرا • وه مەشهوور وایه مەرقەدی له نزیکی شاری حیللەدایه له عیراقدا •

وه ئەم زاتانه هەموو له پیاوه باشەکانن •

(هذا ذِكْرٌ . وإنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ (٤٩) جَنَّاتِ عَدْنٍ مُفَتَّحَةً لَهُمُ الأَبْوَابُ (٥٠) مُتَّكِئِينَ فِيها . يَدْعُونَ فِيها بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وشَرابٍ (٥١) وعِنْدَهُمْ قَاصِراتُ الطَّرْفِ أَتْرابٌ (٥٢) هذا ما تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الحِسَابِ (٥٣) إنَّ هذا لَرِزْقُنَا ما لَهُ مِنْ نَفَادٍ) (٥٤)

ئەمەی کە باسم کرد لە هەواڵی ئەم زاتانە شەرەفە بۆ ئینسان بیانزانێ ؛ چونکی نابێ عاقڵ بێئاگابێ لە مێژووی پیاوی گەورە • وە بێگومان هەیـە بۆ ئەوانە کە ئەهلی تەقوانو خۆیان لە سزای خودا ئەپارێزن ئەنجـــــامی جوان کە بریتییە لە بەهەشتو گەیشتن بە خوداو بەردەوامی لــە خـەیـرو شادمانیدا ؛ وە ئەو شوێنە کە جێگەیانە بەهەشتی ناسراو بە (عدن)ە ، کاتێ نزیکی ئەو بەهەشتە بوونەوە دەرگاکانیان بۆ کراوەتەوەو ، لەو بەهەشتەدا لەسەر کورسی پاڵئەدەنەوەو لەوێ بانگ لە فریشتەی بەهەشت ئەکەن کــە میوەی هەمە جۆریان بۆ بێتو ، خواردنـەوەی پاکیــــان بۆ بکرێتە نـاو پەرداخەوەو لایاندا حازربێت • وە چەن حۆری وایان لەلادایە کـــــە لـە مێردەکانی خۆیان بەولاوە بۆ کەس نارِوانن‌و دڵیان بۆ کەســـی تر ناچێ • ئەو حۆرییانە هەموو هاوتەمەنی مێردەکانیانن • ئەمە ئەوە بوو کە بەڵێنتان پێدرا بۆ رۆژی لێپرسینەوە • بە راستی ئەمە هەموو رۆزی ئێمەیە بۆ ئێوەو تەواوبوونی نیە •

(هذا وَاِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ (٥٥) جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهـا فَبِئْسَ الْمِهَادُ (٥٦) هذا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ (٥٧) وَآخَرُ مِنْ شَكْلِهِ اَزْوَاجٌ (٥٨) هـــذا فَوْجٌ مُقْتَحِمٌ مَعَكُمْ ، لا مَرْحَباً بِهِمْ ! اِنَّهُمْ صـــالُوا النَّارِ (٥٩) قالُوا : بَلْ اَنْتُمْ لا مَرْحَباً بِكُمْ ، اَنْتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنا فَبِئْسَ الْقَرارُ (٦٠) قالُوا : رَبَّنَا مَنْ قَدَّمَ لَنَا هذا فَزِدْهُ عَذَاباً ضِعْفاً فِي النَّارِ (٦١) وَقَالُوا : ما لَنَا لا نَرى رِجالاً كُنَّا نَعُدُّهُمْ مِنَ الاَشْرَارِ ؟ (٦٢) أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيّاً ؟ اَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الاَبْصَارُ ؟ (٦٣) اِنَّ ذلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ اَهْلِ النَّارِ) (٦٤)

ئەوەی لە پێشەوە باس‌کرا لە : شـــوێنی خۆش‌و ، میوەی هەموو چەشنەو ، خواردنەوەی پاك‌و ، ژنی جوان‌و ... ژیانی خەڵکی بەهەشت بوو . وا لێرەیشدا دیمەنێکی ناو دۆزەخ دەخوێنینەوە :

حەق ئەوەیە کە باسم‌کرد ، بە راستی هەیە بۆ ئەو کافرە بێ‌بڕوانە ئەنجامی ناهەموارو ناشیرین کە بریتییە لە دۆزەخ‌و ئەڕۆنە ناوی‌و جێگەو مەنزڵگایەکی نابارە . ئەمە حاڵیانە جا با بی‌چەژن : خواردنەوەکەیان ئاوی گەرمی سك‌سووتێنەو ئاوی برینی خەڵکی دۆزەخە . وە جۆرێکی تریش لە خواردنەوە یا لە سزای دۆزەخ هەیە بۆ ئەو کافرانە لە وێنەی ئەو زووخاوو زیکچاوە ، وە ئەمانە چەن بەشێکن لەیەك ئەچن . جا لەو کاتەدا کە کافرەکان ئەبرێن بۆ دۆزەخ‌و ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە بازێ لە کافرە گەورەکان کە لە دنیادا دەوریان گیرابوو ئەڵێن بە بازێکیان : ئەمە کۆمەڵێکە لە کافران وا دێنە دۆزەخەوە لەگەڵ ئێوەدا . واتە لەو کافرە سووکە بێ‌نرخەکان بەخێر نەیەن‌و مەرحەبایان لێ نەبێ ! بە راستی ئەمانە شیاوی ئاگری دۆزەخن‌و ئەڕۆنە ناو ئاگری دۆزەخەوە . جا کافرەکانی تر کە لە دنیادا لە خوار ئەوانەوە بوون‌و پلەیان لەوان کەمتر بوە ئەڵێن بەو بازە گەورە : ئێوە بەخێر نەیەن‌و مەرحەباتان لێ نەبێ ، ئێوە ئەم سزا نابارەتان بۆ ئێمە سازاند ، واتە ئێوە بوون بە هۆی ئەم رۆژە رەشەی ئێمە . ئەم دۆزەخە کە ئێوە ئێمەتان بۆ هێنا شوێنێکی زۆر خراپ‌و نابارەو ، ئێوە ئێمەتان دووچاری کرد . جا دوایی ئەم کافرانە بە جۆشەوە ئەپاڕێنەوەو ئەڵێن : خودایە هەرکەس ئەم سزایە خستە پێش‌دەمی ئێمەو ئاوا تووشی کردین .. تۆ سزای دوو قاتی بدەرێ‌و ئەو قاتەی بۆ زیاد بکە بەسەر هەموو خەڵکەکانی تری دۆزەخدا .

وه هه‌موو كافره بابی‌بوه‌كان ئه‌ڵێن : ئــه‌وه چیمان لێ‌قه‌ومـــاوه ئــه‌و پیاوانه كه له دنیادا به خراپ‌و شوومان ئه‌زانین ئیســـــته له دۆزه‌خـــدا نایان‌بینین‌و چاومان پێیان ناكه‌وێ ؟ ئایا ئه‌وان پیاوی باش بوون‌و جێگه‌یان به‌هه‌شته‌و ئێمه به ناڕه‌وا له دنیادا گاڵته‌مان پێ‌ئه‌كردن ، یاخود ئه‌وان هــه‌ر خراپ بوون‌و ئیسته وان لــه نــاو دۆزه‌خاو بــه‌ڵام چاوی ئێمه لایـان‌داوه‌و تێكچوون‌و ئه‌وان نابینن ؟ جا ئا ئه‌م باسه بۆم كردن یانی دوژمنایه‌تی ئه‌هلی دۆزه‌خ راسته‌و به راستی بزانن •

(قُلْ : اِنَّمَا اَنَا مُنْذِرٌ ، وَمَا مِنْ اِلَهٍ اِلاَّ اللهُ الوَاحِدُ القَهَّارُ (٦٥) رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا العَزِيزُ الغَفَّارُ (٦٦) قُلْ : هوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ (٦٧) اَنْتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ (٦٨) مَا كَانَ لِيَ مِنْ عِلْمٍ بِالمَلَأِ الأَعْلَى اِذْ يَخْتَصِمُونَ (٦٩) اِنْ يُوحَى اِلَيَّ اِلاَّ اَنَّمَا اَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٧٠)

تۆ ئه‌ی خۆشه‌ویست بفه‌رموو به‌و كافرانه : من هیچ نیم ئه‌وه نــه‌بێ ئاده‌میزادو جینی ئه‌ترسێنم له سزای خوداو ، هیچ خودایێ نیه ئه‌و زاتــه نه‌بێ كه ناوی (الله)یه‌و تاق‌و ته‌نیایه له زات‌و له صیفاتاو ، باڵاده‌ستی هه‌موو كه‌سێكه ، په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌كان‌و زه‌وی‌و ئه‌وانه‌یشــه وان له نێوانیاندا ، خودایه‌كی خاوه‌ن عیزه‌ته‌و تاوانبه‌خشه • تۆ بفه‌رموو بــه‌و كافرانه : ئه‌وه‌ی كه من به‌یانم‌كرد له كتێبی خــودا هــه‌واڵێكی گرنگ‌و گه‌وره‌یه . به‌س ئێوه له‌به‌ر بێ‌ئاگایی خۆتــان لێی لائــه‌ده‌ن‌و خۆتــانی تێ‌ناگه‌یه‌نن ، وه عاقڵ له‌وه بێ‌خه‌به‌ر نه‌بێ ؛ چونكی بوونه‌كه‌ی به شایه‌تی شوێنه‌وار دامه‌زراوه‌و ، یه‌كیه‌تییه‌كه‌یشی به ده‌لاله‌تی ده‌وامی یاســـــای رۆزگار ثبته ، وه صیفاته‌كانی ده‌رئه‌كه‌ون بۆ كه‌سێ بــه شوعووری ورد ته‌ماشای جوانی شوێنه‌واره‌كانی بكا •

وە ئەگەر عاقڵ بوونایێ بە بێ دوودڵی باش ئەتانزانی کـــە مـن پێغەمەری خودام ؛ چونکی ئەو قسـە باسی زەوی‌و ئاسمانە چۆن لـە خۆمەوە ئەزانم ؟ من هەرگیز ئاگاداری‌و زانسـتیم نەبوە بە کۆمەڵەی مەجلیسی زۆر بوڵەندو باڵا لە کاتێکدا لەناو خۆیانا ئەکەونە رەدو بەدەڵو قسە بە زۆراندان •

(إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ : إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ طِينٍ (٧١) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ ، وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ (٧٢) فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ (٧٣) . إِلَّا إِبْلِيسَ ، اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (٧٤) قَالَ : يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ؟ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ ؟ (٧٥) قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ : خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ) (٧٦)

وە ئەو قسە بەیەکادانەیان لەو کاتەدا بوو کە خودا بە مەلائیکەکـانی فەرموو : من ئەمەوێ ئادەمیزادێ لە قوڕ خەلق بکەم ، جا لە کاتێکدا تەواو رێکم‌خست‌و فوومان پێداکرد بەو رۆحی حەیاتی تەواوە کە لە توانای مندایە ئەوە ئێوە بە روودا بکەون‌و کڕنووشی رێزی بۆ ببەن ، لە واقیعا کاتێ کـە خودای تەعالا ئادەمی دروست‌کردو رۆحی کرد بە بەریا هەموو مەلائیکەکان - ئیبلیس نەبێ - سوجدەیان بۆ برد ، ئەو فیزی کـردو سوجدەی نەبردو لە کافرەکان ژمێررا • جا خودا فەرمووی : ئەی ئیبلیس بۆ سوجدەت بۆ ئادەم نەبردو ، چی نەیهێشت سوجدە بۆ ئەو کەسـە بەری کـە خـۆم موباشەرەی کاری دروستکردنی ئەووم کردوەو ، بە هێزو تەوانایی خۆم گیانم کردوە بەبەردا ؟

ئایـا خـۆت بـه گـەورە دانا بـه بـێ ئـەوە لایـەقت بـێ ؟ یاخود لە زاتی خۆتا له واقیعا پایەبەرزو گەورەی ؟ ئەویش هـاتـه وەلاٌمو وتی : به خۆڕایی خۆم به زل نەگرت ، بەڵکو من هەر به تەبیعەتی خۆم لەو گەورەترم ؛ تۆ منت لە ئاگری ناسكو نوورانی دروستكردوەو ئادەمت له گڵێكی خەستو تاریك دروسـتكردوه ، كـه وابێ من لـەو بـەرزترمو سوجدەی بۆ نابەم •

(قالَ : فاخْرُجْ مِنْهـا ، فَإِنَّكَ رَجِيمٌ (٧٧) وإنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلى يَوْمِ الدِّينِ (٧٨) قالَ : رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ! (٧٩) قالَ : فَــإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ (٨٠) إلى يَوْمِ الوَقْتِ المَعْلُومِ (٨١) قالَ: فَبِعِزَّتِكَ لأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٨٢) إلاَّ عِبادَكَ مِنْهُمُ المُخْلَصِينَ (٨٣) قالَ : فالحَقُّ والحَــقَّ أَقُولُ (٨٤) لأَمْـلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْـكَ وَمِمَّنْ تَبِعَـكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ (٨٥) قُلْ : مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وما أَنَا مِنَ المُتَكَلِّفِينَ (٨٦) إنْ هُوَ إلاَّ ذِكْرٌ لِلْعالَمِينَ (٨٧) ولَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ) (٨٨)

جا خودای تەعالا فەرمووی : مادام تۆ خۆت وا تەماشـــــا ئەكەی دەرچــۆ لــه بەهەشتی كەرامەتسەرای من • بـه راسـتی تۆ له میهرەبانی من دوورخراویتەوە نەفرینو لەعنەتی منت لەســـەره تـا رۆژی قیامەت ؛ چونكە هیچ نەبێ ئەزانی دروستكردنی ئادەم لە گڵو دروستكردنی تۆ له ئاگر به خواستی خودایه ، نەك به خواستی خۆتان • پێویست بوو ئەوەندە تەماشا بكەی كه بوونو نەبوونی تۆ وا لەسەر خواستو ئیرادەی ئێمه •

جا ئیبلیس عەرزی بارەگای خودای کرد : مادام وای لێهات ماوەی مانەوەم پێ بدە هەتا ئەو رۆژە کە ئادەمیزادو باقی هۆشیاران زینـــدوو ئەکرێنەوە ! خودای تەعالا فەرمووی : تۆ لـە مۆڵەتدراوەکانی هەتا هاتنی ئەو کاتە دیارییە •

جا شەیتان بە جەسارەتەوە وتی : ســا قەسەم بە گەورەیی خـۆت هەموویان لە رێگە لائەدەمو گومڕایان ئەکەم ، ئەو بەندانە نەبێ کـە زۆر پاککراونەتەوە لە خەوش‌و خاڵی تەعەلوقاتی ناهەموار •

جا خودای تەعالا فەرمووی : من حەقم‌و راستم‌و قســەی حەقیش ئەکەم‌و ئەڵێم : دۆزەخ بەو گەورەییە کە هەیە پڕی ئەکەم لە تۆو لـــەو کەسانە ئەکەونە شوێنی تۆ لە ئادەمیزادو لە پەری هەموو لایەکیـان بــە تێکڕایی •

جا ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو من داوای ماڵ‌و مادە لە ئێوە ناکەم لەسەر ئەم بەیانەو ، من لەوانە نیم بە (تصنع)و زۆر قســـە بکەم • ئەم قورئانە کەلامی منەو رەوانە کراوەو ، زیکرو رێنومایی‌و ئامۆژگارییە بـۆ جیهان‌و ، لەمەولایش گەورەیی قورئان‌و سوودو قازانجی بۆ هۆشـــیاران ئەزانن‌و ، بۆتان دەرئەکەوێ قورئان بەسوودە بۆ رێنومـایی‌و خزمـــەتی هۆشیارانی ئادەمیزاد تەنانەت لـە خزمـەت‌و رەفتـاری باش لـەگـــەڵ گیانلەبەرانا •

سوورەتی (زمر) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتەکانی ٥٢و ٥٣و ٥٤ نەبێ ، ٧٥ ئایەتە ، پاش سوورەتی (سبأ) هاتوەتە خوارەوە •

بسم الله الرحمن الرحيم

(تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (١) إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ (٢) أَلَا لِلّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ، وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللهِ زُلْفَى ، إِنَّ اللهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ (٣) لَوْ أَرَادَ اللهُ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَداً لَاصْطَفَى مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ . سُبْحَانَهُ هُوَ اللهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ) (٤)

ئەمە کە هاتوەتە خوارەوە بۆ لات ، کتێبێکە لە لای خودایەکی خاوەن عیزەتەوە بۆت هاتوە ، ئەو خودایە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕواو خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا •

بە راستی ئێمە قورئانمان ناردەخوارەوە بۆ لای تۆ بە هۆی خواستی دامەزراندنی بیرو باوەڕی راستو کردەوەی باشـــەوە • دەی بەندەیی بـۆ خودا بکە لە حالێکدا کە کردەوەی خۆت لە هەموو تۆزو گـەردێ پـاك بکەیتەوە • وە بزانن کردەوەیێ کە پاك بێ هەر بۆ خودایەو خودا هەر دینی

پاکی ئەوێ • وە ئەو کەسانە کە بێجگە لە خودا دۆستانیان بۆ خۆیان بڕیار داوەو بەهانەیان ئەوەیە ئەڵێن : ئێمە بۆیە بەندەیی بۆ ئەو بتانە ئەکەین تا لـە خودامان نزیكبخەنەوە بە چەن پلەیێ •• ئەوە خودا ئەو بەهانە بێمەعنایانە وەرناگرێو ، بە راستی خودایش حوکم ئەکا لە بەینی ئەوانو بەینی ئەهلی ئیمانا لەو شتانەدا کە ئەوان جیاوازییان تیایانا هەیەو ، لەسەریان تێکچوون • واتە بەندەیی هەر بۆ خودایەو بـە هیچ بەهانەیەکەوە بەندەیی بۆ غەیـــری خودا وەرناگیرێ ، وە ئەمانە کافرو درۆزنن‌و ، بە راستی خودا هیدایـەتی کافرو درۆزن‌و ساختەچی نادا • خودا راستەو راستی خۆش ئەوێ • وە لە غەیری ئەو یاسای شەرعە دایناوە بۆ بەندەیی هەرکەس هەر یاساو ڕێبازێ تر بگرێ پووچەو بە قەی پووشێ بایەخی نیە •

وە هەر وەکوو هاوبەش‌دانانەکەیان بۆ خودا کوفرە •• نەوە دانـــە پاڵ‌خودایش کوفرە ، لەبەر ئەوە نەتەوە لەســەر هاونەوعی ئەڕواو ئەوەیش سەبارەت بە خودا مەحاڵە ؛ چونکە ئەگەر خودا خواستی نەوە بکات ئەبێ لەو شتانە وان بە لایەوە ، لە دروســـــتکراوی خۆی ، هەڵبژێرێ ئەمەیش شتێکی موستەحیلە ؛ چونکی مەخلووق هاونەوعی خالیق نیە •

(خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ ، يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ ، وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ ، وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ . كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمّىً ، الا هُوَ العَزِيزُ الغَفَّـــارُ (٥) خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ، ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا، وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ الأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ ، يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقاً مِنْ بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلاثٍ ، ذٰلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمْ ، لَهُ المُلْكُ لا إِلٰهَ إِلاَّ هُوَ ، فَأَنَّى تُصْرَفُونَ ؟) (٦)

ئەو خودایە خودایەکە ئاسمانەکانو زەوی بـە حەق دروستکردوە ، شەو دێنێتەوە بەسەر رۆژاو رۆژ دێنێتەوە بەسەر شــەوا ، واتە جاربەجار شـــەو رۆژ داپـەپۆشێو جاربەجار بـە پێچەوانەوە • وە رۆژو مانگی رام کردوە بۆ هاتوچۆو هەڵسووڕانو هەرکام لەوان دێتو ئەچێ هەتا ئـەو کاتە بڕیاردراوە بۆیان کە راوەستن • بێدارەوەبن کە هەر خودا خـــاوەن عیزەتو تاوانبەخشە •

ئێوەی لە یەك نەفس دروستکردوە کە ئادەمەو ، لەو نەفسە ژنەکـەی دروستکردوە کە (حەوا)یە • وە لە بارەگای بەرزی میهرەبانی خۆیـــەوە هەشـــــت جۆر لە حەیواناتی بۆ ناردوون بۆ ئیســـتیفادەو ژیواری ئێوە لەســەریان :

دوو وشتری بەرز بێ داواو بێ گەڕ
دوو بـــــزنو دوو مـــــەڕ
دوو گـــای خـــاوەن فـــەڕ

وە خودا دروستتان ئەکاو پێتان ئەگەیەنێ لەناو سکی دایکتـانـا بـە دروستکردن پاش دروستکردن ، گیانلەبەرێکی رێك لە پاش پارچەگۆشتی لـە پاش نوطفەو خوێن • وە لـە سێ تاریکیدا پاراســـــتوونی : تاریکی منداڵدان . تاریکی رەحەم ، تاریکی سك • جا ئەو کەسە کە ئەمانە ئەکاتی خودایەکە وا پەروەردگاری ئێوەیە. هەر بۆ ئەوە سەرۆکایەتیو تەصەڕوفات هیچ خودایێ نیە ئەو نەبێ ، جا ئیتر ئێوە چۆن لە رێگەی راســـــــت لائەدرێن ؟

رێگەی راســـتەڕێ رێگەی خودایە
غەیری رێگەی حەق رێگەی هەوایە
کەوتیتە هـــەوا هـــەر دائەکەوی
چونکی هەوای نەفس فەوتانی تیایە

(إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ ، وَلاَ يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ . وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ، وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى . ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ . إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) (٧)

ئەگەر ئێوە لەسەر کوفرەکەتان ئەمێننەوە ئەوە بزانن خودا بێ‌نیـــازە لە ئێوە ، وە خودا رازی نیە بە کوفر بۆ بەندەکانی خۆی • وە ئەگەر ئیمان دێنن‌و سوپاسی خودا ئەکەن ئەوە خودا بەوە لە ئێوە رازی ئەبێ • وە هیچ نەفسێکی موکەللەفی بارهەڵگر باری یەکێ تر هەڵناگرێ ، لە پاشـــــــان گەڕانەوەتان بۆ لای خودایە ، جا هەواڵتان پێ‌ئەدا بـــە جەزای کردەوەکان‌و کردەوەکان خۆیان • بە راستی خودا زانایە بەو خەیاڵانە وان لە سینەدا ، یانی کە بە دڵدا رائەبوورن •

(وَإِذَا مَسَّ الإِنْسَانَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُ مُنِيباً إِلَيْهِ ، ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُ نِعْمَةً مِنْهُ نَسِيَ مَا كَانَ يَدْعُو إِلَيْهِ مِنْ قَبْلُ ، وَجَعَلَ لِلَّهِ أَنْدَاداً لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِهِ ، قُلْ : تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلاً ، إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ) (٨)

کاتێ نەخۆشییەك یا گەدایی‌و نەبوونییەك یا ترسێ لـــە زۆرداری •• بدا لە ئینسانێ بە گەڕانەوەوە بۆ لای خوداو بە پاڕانەوەوە بۆ لای بانگی

لێ ئەکاو هاواری بۆ ئەبا ، پاش ئەوە کە خودا بەهاواریەوە هاتو بەڵاکەی لەسەر لابردو نیعمەتێکی لە لایەنی خۆیەوە داپێی گورج ئەو بەڵاو مەینەتو پاڕانەوەی پێشووەی لەبیر ئەچێو ، چەند وێنەو نەیارێکی زۆر بۆ خودا بڕیار ئەدا بۆ ئەوە خەڵك گومڕا بکاو لە ڕێگەی ڕاست لایان بدا • جا تۆ بەو کەسە بڵێ : ماوەیەك ڕابوێرەو لەزەت لە کوفرەکەت وەربگرە لە ماوەیەکی کەمدا کە ماوەی ژیانی دنیایە ؛ چونکە تۆ لە ئەهلی ئاگری دۆزەخی •

(اَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِداً وقَائِماً يَحْذَرُ الآخِرَةَ ويَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ؟ قُلْ : هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ والَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ ؟ اِنَّمَا يَتَذَكَّرُ اولُو الأَلْبَابِ) (٩)

ئایا کەسێ کە بەندەیی خودا بکا لە سەعاتەکانی شەواو لە کاتی ڕاوەستانا بەپێوەو ، لە کاتێکا کە سوجدە بۆ خودا بباو لە سزای قیامەت بترسێو ڕجای ڕەحمەتی خوای بێ وەکو کەسێ وەهایە کە دوور بێ لەم صیفەتانە ؟ تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : وەکو یەك نینو ، ئایا هەرگیز وەکو یەك ئەبن ئەوانە کە زانان بە زاتو صیفاتی خودا لەگەڵ ئەوانەدا کە هیچ نازانن ؟ بە ڕاستی بیر ناکاتەوە بە جۆرێ کە قازانجێکی دینی یا دنیایی بێ کەسانێ نەبێ کە عەقڵی ساغیان هەیە •

(قُلْ : يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ ، لِلَّذِينَ اَحْسَنُوا فِي هذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ ، وَاَرْضُ اللهِ وَاسِعَةٌ ، اِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ اَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (١٠) قُلْ : اِنِّي اُمِرْتُ اَنْ اَعْبُدَ اللهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّينَ (١١) واُمِرْتُ لِاَنْ

اَكُونَ اَوَّلَ المُسْلِمِينَ (١٢) • قُلْ : اِنِّي اَخَافُ ـ اِنْ عَصَيْتُ رَبِّي ـ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٣) • قُلِ : اللهَ اَعْبُدُ مُخْلِصاً لَهُ دِينِي (١٤) فاعْبُدُوا ما شِئْتُمْ مِنْ دونِهِ • قُلْ : اِنَّ الخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا اَنْفُسَهُمْ واَهْلِيهِمْ يَوْمَ القِيَامَةِ ، اَلا ذلِكَ هُوَ الخُسْرانُ المُبِينُ (١٥) لَهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِنَ النَّارِ ، ومِنْ تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ، ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللهُ بِهِ عِبَادَهُ ، يا عِبَادِ فَاتَّقُونِ) (١٦)

ئەی پێغەمەر تۆ لە لای منەوە بە خاوەن باوەڕەكان بڵێ : ئەی بەندە خاوەن باوەڕەكان لە خودا بترسن‌و خۆتان لە نافەرمانی ئەو بپارێزن ، هەیە بۆ ئەو كەسانە كە لە دنیادا رەفتاری باش ئەكەن لە پاشەڕۆژا پاداشـــێكی باش • یاخود هەیە بۆ چاكەكەرەكان لەم دنیادا چاكییەك كـــە عافییـــەت‌و ژیواری دنیایەو ، لە پاشەڕۆژیشدا چاكەیەكیان بۆ هەیـــە كـــە چوونـــە بەهەشتە • وە ئەگەر لە وڵاتی خۆتانا ماوەی طاعەت‌و بەندەیی خوداتان كەم بوو ئەوە بزانن خاكی خودا زۆر گوشادو بڵاوەو زەوی فراوانە ، بڕۆن بـــۆ شوێنێكی ترو لەوێ بەندەیی خودا بكەن ، بە راستی ئەو كەسانە كە خۆگرن لەبەر باری ئاڵۆزی دنیـــاداو خۆگرن لە عاســـتی بێ مـــاوەیی‌و كـــەم دەستەڵاتیداو لەســـەر نوێژو فەرمانبـــەری دەوام ئەكـــەن بۆ خاتری ئیمان ڕاگرتن •• ئەوانە لە رۆژی قیامەتا بێ ئەندازە پاداشیان ئەدرێتەوە •

تۆ پێیان بڵێ : بە راستی من فەرمانم پێدراوە كە بەندەیی خودا بكەم‌و ئایینی خۆم پاك بكەمەوە لە دووڕوویی‌و تەمەڵی‌و ناتەوانی ، وە فەرمـــانم پێدراوە كە من ببم بە یەكەم موسوڵمانی جیهانی خۆم •

تۆ بڵێ : من ئەگەر نافەرمانی خودا بکەم ئەترسم سزایەکی گەورەم لە لایەنی خوداوە بۆ بێت • تۆ بڵێ : من بەندەیی تەنها بۆ خودای خۆم ئەکەمو دینی خۆم بۆ خودا پاك ئەکەم • جا ئێوە بە ئارەزووی خۆتان هەرچی ئەپەرستن بیپەرستن •

تۆ بڵێ : زیانکارەکان ئەوانەن کە نەفسی خۆیانوماڵو خێزانیان لەکیس چوە ؛ چونکە بەندەیی لەگەڵ باوەڕا هۆی پارێزی ئینسانو ئەهلی ئینسانە ، خۆ ئەوان نە خۆیانو نە ئەهلیان باوەڕیان نیە ، کە وابوو زیانکاری قیامەتن • جا بێداربینەوە ئەم زیانی نەفسو خێزانە زیانێکی زۆر ئاشکرایە •

ئەمانە بۆیان هەیە لە لای سەروویانەوە چەن تەبەق لە ئاگرو لە ژێریشەوە چەن تەبەق ، بەم سزایە خودای تەعالا بەندەکانی خۆی ئەترسێنێ ، ئەی بەندەکانم لە خودا بترسنو خۆتان لە نافەرمانیو کوفرو ئینکاری حەقو لە تاوانباری بەکردەوەی ناحەقو بە ڕۆچوون لە دەریای دنیا پەرستیدا •• بپارێزن •

(والَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ اَنْ يَعْبُدُوهَا وَاَنابُوا إِلى اللهِ لَهُمُ البُشْرى ؛ فَبَشِّرْ عِبَادِ (١٧) الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ اَحْسَنَهُ • اولائِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللهُ واولائِكَ هُمْ اُولُو الأَلْبابِ (١٨) اَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ العَذَابِ ؟ اَفَاَنْتَ تُنْقِذُ مَنْ فِي النَّارِ ؟ (١٩) لكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِنْ فَوْقِها غُرَفٌ مَبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الاَنْهارُ ، وَعْدَ اللهِ ، لا يُخْلِفُ اللهُ المِيعَادَ) (٢٠)

وە ئەو بەختیارانە کە لە ئیبلیسی لـە ڕێگەلاداو دوورکەوتوونەتەوە ، واتە لە بەندەیی‌و پەرستیاری ئەو دوورکەوتوونەتەوەو گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا .. ئەوانە موژدەیان بۆ دێ بە پاداشی چاکە لەسەر بیرو باوەڕی پاك‌و کردەوەی چاك . جا تۆ موژدە بدە بەوانە کە بەندەی ساغ‌و تایبەتی منن کە کەسانێکن گوێ ئەگرن‌و دڵ ڕائەگـرن بۆ فامی دەرزو ئامۆژگاری‌و لـە حەرام‌و مەکرووهـ دوورئەکەونەوەو ، لە واجیبـات‌و مەنـدووبات نـزیـك ئەبنەوە ، وە لەناو ئەمانەدا لەسەر یاسای دین ئەکەونە شوێنی ئەوە کـە جوانترە لە هەموو ، گرنگتر پێش گرنگ ئەخەن ، بۆ نموونە لە تێـوان لێبوردن‌و تۆڵەدا لێبوردن هەڵئەبژێرن ... ئەوانە کۆمەڵێکن کـە خودا هیدایەتی داون بۆ خێری دنیاو قیامەت ، وە ئەوانە خاوەنی عەقڵ‌و هۆشـی ساغن . ئیتر ئەو کەسانە کە ئەوەندە ئامۆژگاریت کردن بە تەواوی ماندوو بووی‌و ، دەرزی حەق ناڕوا بە دەماخیانا وازیان لێ بێنە ، ئەوانە کەسانێکن فەرمانی سزادانیان دەرچوە .

جا ئایا کەسانێ کە کەلیمەی سزا لەسەریان دامەزرابێ بە جۆرێ هـەر لە ئیستەوە وا ئەزانێ وان لە ناو ئاگردا ، ئایا تۆ ئەتوانی تەئثیری لێ بکەی‌و تۆ کەسێ رزگار ئەکەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدا بێ ؟

بەڵام ئەوانە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا ئەپـارێـزن ئەوە چەنـد باڵەخانەی بەرزیان هەیە کە لە ژووری ئەوانیشەوە باڵەخانە هەیە کـــە دروستکراوو دامەزراون‌و لە ژێریشیانا ئاوی جۆبار رەوان ئەبێ . ئا ئەمـە خودا بەڵێنی داوە بەوەی پیان دا بە ئەهلی تەقوا لە بەندەکـانی خـۆی ، وە هەرگیز لاری‌و پێچی لە بەڵێنی خودادا نیە .

(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الأَرْضِ ، ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعاً مُخْتَلِفاً أَلْوَانُهُ ، ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرّاً ، ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَاماً ؟ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِأُولِي الأَلْبَابِ) (٢١)

ئایا نابینی که خودای ته‌عالا ئاو له ئاسمانه‌وه ئه‌نێرێته خواره‌وه‌و باران ئه‌بارێنێ‌و ئه‌و ئاوه ئه‌با به ناو چه‌ن کورگه‌یێ له زه‌ویدا له‌و کورگانه که وان له ناو زه‌ویدا ئاو ده‌رئه‌کاو به جۆبار ئه‌گه‌ن به کشتوکاڵ ، له پاش ماوه‌ی خۆی کشتوکاڵی ره‌نگامه‌ی پێده‌رئه‌کا ، له پاش ماوه‌یێ زۆر ئه‌ستێنێ‌و دێ به‌یه‌کا ، پاش ئه‌وه به زه‌ردی ئه‌یبینی ، پاش ئه‌وه ئه‌یکا به ماده‌یه‌کی شکاو له ژێر زه‌ویداو له‌به‌رپێدا ؟ به راستی هه‌یه له‌م کرداره به‌رزانه‌دا هۆی بیرکردنه‌وه بۆ خاوه‌ن عه‌قڵی ساغ‌و هۆشی دامه‌زراو •

(أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلإِسْلامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ ؟ فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ ، أُولَئِكَ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ) (٢٢)

ئه‌م ئایه‌ته ده‌رباره‌ی حه‌مزه‌و عه‌لی‌و . ئه‌بو له‌هه‌ب‌و کوڕه‌که‌ی هاتووه‌ته خواره‌وه •

ئایا ئه‌و که‌سانه که خودای ته‌عالا سینه‌ی گوشادکردوونه‌ته‌وه بۆ دامه‌زرانی ئیمان‌و ئیسلام له ناویاو جا هه‌میشه خاوه‌نی نوورو پڕته‌وی ئیحسانه له لایه‌نی خودای خۆیه‌وه وه‌کو ئه‌و که‌سانه ئه‌بن که سینه‌ته‌نگ‌و دڵ تاریك‌و باوه‌ڕ بێسوودن ؟ حاشا فه‌رقیان زۆره‌و له یه‌که‌وه دوورن • وه وه‌یل‌و ناخۆشی‌و چاره‌ڕه‌شی هه‌یه بۆ ئه‌وانه که دڵیان ره‌قه‌و دووره له یادی خودا ، وه ئه‌وانه وان له ناو گومڕاهییه‌کی دیاریدا •

(اللهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ ، كِتَاباً مُتَشَابِهاً مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ، ثُمَّ تَلِينُ جُلودُهُمْ وقُلوبُهُمْ إِلى ذِكْرِ اللهِ ، ذلِكَ هُدى اللهِ ، يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ، ومَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ هادٍ(٢٣) أَفَمَنْ يَتَّقِي بِوَجْهِهِ سُوءَ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ؟ وقِيلَ لِلظَّالِمِينَ : ذُوقُوا ما كُنْتُمْ تَكْسِبُونَ) (٢٤)

ریوایەت‌کراوە : جارێ لە جاران یارەکانی پێغەمبەر ـ د ـ کەمێ دڵگرانییان بەسەرا هات ، جا ئایەتی (الله نزل أحسن الحديث) هاتەخوارەوە •

واتە خودای تەعالا جوانترین‌و لەبارترین واتەیەکی ناردوەتە خوارەوە کە بخوێنرێتەوە ، ئەو واتە جوانە کتێبێکە بازێکی لەگەڵ بازێکیا هاوبەش‌و هاوشان‌و رێکە • وە ئەو واتە جوانە لە خوێندنەوەدا چەند پات‌ئەکرێتەوە بۆ هێزدان بە دڵ ، وەکو چۆن ئاو ئەخورێتەوەو خواردەمەنی ئەخورێ بۆ ژیواری گیان • وە لە کاتی خوێندنەوەیا پێستی موسوڵمانەکانی پێ گرژ ئەبێ • ئەوانە کە لە خودای خۆیان ئەترسن ، لە پاشان پێستی لەشیان نەرم ئەبێتەوەو لە هەردوو حاڵەکەدا دڵیان رووی کردوەتە خودا • واتە لە خودا بێ‌ئاگا نین •

جا ئایا کەسێ دەستی بیەسرێ لە دۆزەخاو بە دەم‌و چاوی بەرگری لە سزای سەخت‌و ناباری دۆزەخ بکا لە رۆژی قیامەتا وەکو ئەو کەسانەیە کە بەخۆشی لە بەهەشتا رائەبوێرن ؟ حاشا ئەمانە جیاوازییان زۆرە • وە لەو رۆژە رەشەدا بە ستەمکارەکان ئەوترێ : بچەژن تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانە کە لە دنیادا ئەتانکردن •

(كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ . فَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لا يَشْعُرُونَ (٢٥) فَأَذَاقَهُمُ اللهُ الْخِزْيَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ، وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ) (٢٦)

ئەو گەلانە کە لە پێش زەمانی قورەیشدا بوون پێغەمەرەکانی خۆیان بەدرۆخستەوە ، جا سزای خودایان بۆ هات لە شوێنێکەوە کە پێیان نەئەزانی‌و گومانیان نەدەبرد کە لەو شوێنەوە سزایان بۆ دێ .

جا خودای تەعالا رسوایی پێ چەشتن لە ماوەی ژیانی دنیادا وەکو : گۆڕینی شێوەو ، رۆچوون بە زەویداو ، کوشتن‌و ، بەدیل رۆیشتن‌و .... وە سزای پاشەڕۆژیان لەم سزای دنیا گەورەترە . ئەگەر بیانزانیایی‌و باوەڕیان پێی ببوایە خەریکی تاوانباری نەدەبوون‌و باوەڕیان بە خوداو پێغەمەری خودا ئەکرد .

(وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ . لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٧) قُرْآناً عَرَبِيّاً غَيْرَ ذِي عِوَجٍ ، لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (٢٨) ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً : رَجُلاً فِيهِ شُرَكَاءُ مُتَشَاكِسُونَ ، وَرَجُلاً سَلَماً لِرَجُلٍ ، هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً؟ الْحَمْدُ لِلَّهِ ، بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ) (٢٩)

بە راستی لەم قورئانەدا چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری وەهامان بۆ ئادەمی‌زاد باس‌کرد کە سوودی تیابێ بۆ تەمێ‌کردن ، بە هیوای ئەوە کە ئەو کافرانە بیربکەنەوەو باوەڕ بە خودای تەنیا بکەن . وە ئەو تاوانبارانە دەستبەرداری تاوان بین‌و روو بکەنە ئادەمی‌و ، حاڵ‌و شەئنی ئەو قورئانە وایە بە زمانی عەرەبییەو هیچ هەڵەو لاری‌و ناباری تێدا نیە ، بە هیوای ئەوە کە ئادەمیزاد لە خودا بترسن‌و خۆیان بپارێزن لە هاوڕێ‌بڕیاردان بۆ خودا .

ڕە خودا نموونەو وێنەیەکی جوان بۆ خەڵك دێنێتەوە تا بەو نموونـە جیاوازی نێوان کوفرو هاوڕێ‌بڕیاردان بۆ خـــوداو خودابەیەکناسییان بۆ ڕوون بکاتەوە • نموونەکە ئەوەیە : دوو پیاوی بەنـدە هـەن ؛ یەکێکیـان بەندەی چەن کەسێکی ناڕێكو ناجۆری بەدڕەوشتەو ، هەر یەکە بە لایەکدا رایدەکێشێ‌و بۆ کارێکی دەوێ • ئەوی دیکەیان بێ زیانو بێ کێشـــەو دەردی‌سەری لەبەردەستی یەك گەورەدایە •• ئایا ئەم دوو پیاوە بەندە وەك یەك ژیان بەسەر ئەبەن ؟ حاشا ! دیارە یەکەمیان وا لە ناو ئاگری ئاشووبو داوای خزمەتی ئەو چەن ئاغا بێ دەماخەداو ، نازانێ چۆن‌و لە چ تاریکییەکی ژیاندایە • ئەوی تریان هێمن‌و ئارام کەمێ کار ئەکاو گەلێ ئاسایش ئەبینێ ، چەنێك شانی ئازادە دڵی لەوە زۆرتر شادە • سوپاس بۆ خودا کە نموونەی هاوڕێ بۆ خودا بڕیاردەرو ، خودابەیەك‌ناس دەرکەوت • بەڵام زۆربەی ئەو کافرانە لە جیاوازی ئەم دوو پیاوەیش تێ‌ناگەن‌و ڕاستی نازانن •

(إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ (٣٠) ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِنْدَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ (٣١) فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَذَبَ عَلَى اللهِ وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ إِذْ جَاءَهُ ؟ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوىً لِلْكَافِرِينَ ؟! (٣٢) وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (٣٣) لَهُمْ مَا يَشَاؤُنَ عِنْدَ رَبِّهِمْ ، ذَلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ (٣٤) لِيُكَفِّرَ اللهُ عَنْهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي عَمِلُوا ، وَيَجْزِيَهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ الَّذِي كَانُوا يَعْمَلُونَ) (٣٥)

ئەی ڕەهبەری خۆشەویست ئەو کافرانە لەسەر بناغەی بێ‌دەمـــاخی چاوەڕێی مردنی تۆ ئەکەن ، وەکو تۆ ئەمری ئەوانیش ئەمرن ، وە نەمردنی تۆ پاداشی گەیاندنی پەیامی تۆ کەم ئەکاتەوەو ، نەمردنی ئەوان ئەبێ بە هۆی

رزگاربوونیان لە سزای پاشەڕۆژ • هەروا نەمردنی تۆ ئەبێ بە هۆی نەمانی تەکلیف لەسەر ئەوانو ، نەمردنی ئەوان ئەبێ بە هۆی ئەوە کە ئیستە موکەللەف نەبن، وە پاش ئەوە کە خودای تەعالا بە هۆی ڕەهبەرانەوە ئیعلانی تەوحیدی خۆی کرد لە جیهانا ئەم یاسا دامەزرا •

وە هەرکەس غەیری تەوحید بکا بە یاسا بۆ خۆی ئەوە گومڕایە •

وە پاش هاتنی ڕۆژی خۆی ئێوە لە لای خودای خۆتانا ئەوەستنو بەربەرەکانی یەکتر ئەکەنو ، تۆ پێیان ئەڵێی من بانگم کردن بۆ ئایینی خودابەیەکناسیو ئێوە نەهاتنو •• ئێوە ئینکار ئەکەن تا ئەنجام ئەندامەکانی لەشی خۆتان لێتان دێنە وتارو شایەتی ئەدەن لەسەرتان •

ترمذی ریوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیرەوە ـ خ ـ : کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە عەرزی کرد : ئەی پێغەمەری خودا ئایا جارێکی تر بەربەرەکانێو دوژمنایەتی لە نێوان تۆو خەڵکدا ڕووئەدا ؟ ئەویش فەرمووی : کاتێ ئەوە ڕوو ئەدا کاری ئادەمیزاد لەو ڕۆژەدا دشوارو ناهەموارە •

جا کێیە لەو کەسە ستەمکارتر بێ کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵبەسێ بە نیسبەتدانی هاوڕێ یا نەوە بۆ لای خوداو ، حوکمی خودا ، کە ڕاستەو لەگەڵ واقیعدایە ، بەدرۆ بخاتەوە •• وەکو ئەوانە کە حەزرەتی محەمەد ـ د ـ فەرموویەتی : لە لایەنی خوداوە کاتێ ئەو حوکمە بێتە لای ئەو کەسە واتە کاتێ پێی بزانێ ؟ وە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە ئەو کەسە کافرەو کەس نیە لە کافر ستەمگارتر بێ • وە تۆڵەی ئەو کەسە ئەوەیە ئەچێتە دۆزەخەوەو دۆزەخ جێگەیەتی ، ئایا لە دۆزەخدا جێگەی کافران نیە ؟! بەڵێ جێگەیان دۆزەخە •

وە ئەو کەسەیش کە دینی ڕاست بێنێ ، یا وتاری ڕاست بێنێ بۆ لای عالەم و باوەڕی پێ بکا .. ئەوانەیش لە خوداترس و ئەهلی تەقوان ، وە بۆیان هەیە لە لای خودای خۆیانەوە ئەوەی دڵخوازیان بێ ، وە ئەمە پاداشــــی خاوەن چاکەکانە . وە خودای تەعالا خراپترین و ناشیرینترین کردەوەیێ کــە کردوویانە دایئەپۆشێ و پاداشیان ئەداتەوە بە بەرانبەری باشـــــترین کردەوەیانەوە .

(اَلَيْسَ اللهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ ؟ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ ، وَمَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٣٦) وَمَنْ يَهْدِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُضِلٍّ ، اَلَيْسَ اللهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ ؟) (٣٧)

ئایا خودای تەعالا بەس نیــە بۆ چاودێری ئەو بەندەی خۆیــە کــە محەمەدە بۆ پارازتنی لە فیتنەو بەڵاو مەینەتی ؟ وە ئەو کافرانە بەو بتــانــە کە ئەوان ئەیانپەرستن تۆ ئەترسێنن ، وە کەسێ خودا گومڕای بکا کەس نیــە هیدایەتی بداو ، کەسێکیش خودای تەعالا هیدایەتی بداو شارەزای بکا بۆ ڕێگەی باش کەس ناتوانێ گومڕای بکا . ئایا خودای تەعالا بە دەستەڵات و تەوانا نیە بەسەر خواستی خۆیاو تۆڵەسێن نیە لەو بەدکارانە ؟

(وَلَئِنْ سَــأَلْتَهُمْ : مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالاَرْضَ ؟ لَيَقُولُنَّ : اللهُ . قُلْ : اَفَرَاَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ ؟ اِنْ اَرَادَنِيَ اللهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُــرِّهِ ؟ اَوْ اَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِــهِ ؟ قُلْ : حَسْبِيَ اللهُ ، عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ) (٣٨)

ئەگەر تۆ لەو کافرانە بپرسیو پێیان بڵێی : کێ ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوە ؟ لە وەڵاما ئەڵێن : خودا دروستی کردوون • جا تۆ پێیان بڵێ : مادام خودا ئاسمانو زەوی دروستکردوە ئیتر پێم بڵێن : ئەوانە کە ئێوە ـ بێجگە لە خودا ـ بانگیان ئەکەنو هاواریان بۆ ئەبەن ئەگەر خودا خواستی زیانێکی بیێ بۆ من ئەو بتانە ئەتوانن ئەو زیانەم لەسەر لابەنو لێم دووربخەنەوە ؟ یا ئەگەر خودا خواستی قازانجێکی بیێو بیەوێ خێرێ بدا بە من ئەو کافرانە ئەتوانن بەرگری ئەو خواستی خودا بکەنو نەیەڵن ئەو خێرەم بگاتێ ؟ دیارە ئەڵێن : نەء ، نەء • جا کە وایە تۆ بڵێ : خودام بەسەو هەر پشت بەو ئەبەستمو پەنا بەو ئەبەمو ، هەروەها ئەوانەیش خاوەن رەشادن پشت بەو ئەبەستنو پەنا بۆ لای ئەو ئەبەن •

(قُلْ : يَـا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ ، إِنِّي عَامِلٌ ، فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣٩) مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ ، وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ (٤٠) إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ ، فَمَنِ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ ، وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ، وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ) (٤١)

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ : ئەی گەلی من ئیش بکەنو خەریکی فڕوفێڵو ئەسبابی بایی‌بوونی خۆتان بن بە گوێرەی توانای خۆتان منیش وا لەسەر فەرمانی خودا کار ئەکەم ، جا لەمەولا ئەزانن کێ سزایەکی وەهای دێتەسەر کە لە دنیادا رسوای بکاو لە پاشەڕۆژیشا سزای نەبڕاوەی ئاگری دۆزەخی دێتەسەر •

ئێمە قورئانمان ناردوەتە خوارەوە بۆ لای تۆ بۆ رێنومایی ئادەمیزاد • جا هەرکەسێ بە گوێی قورئانو رێنومایی قورئان بکا ئەوە قازانجەکەی بۆ

خۆیەتی ، وە هەرکەسێکیش پەیڕەوی قورئان نەکا ئەوە گومڕا ئەبێ و لەسەر زیانی خۆی گومڕا ئەبێ ، وە تۆ نەکراوی بە وەکیل لەسەر ئەوانو ، تۆ بەرپرسیاری حاڵی ئەوان نیت •

هەرکەس لە ماوەی کاتی ژیانی
هەر بۆ خۆیەتی سوودو زیانی

(اللهُ يَتَوَفَّى الاَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا ، والَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ، فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ ، ويُرْسِلُ الأُخْرَى اِلى اَجَلٍ مُسَمّىً ، اِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (٤٢)

بزانن (رۆح) جەوهەرێکی پاکی قودسییەو لە ئاوو ئاگرو هەواو بروسکە ناسکترە • وە ئەوەندە حەقیقەتەکەی پەنهانە خودا ئەوەندە مەیدانی باسکردنی داوە کە فەرموویەتی بە پێغەمەر : تۆ بە خەڵك بڵێ : رۆح لەو شتانەیە کە بە تەنیا فەرمانی خودا پەیدا ئەبێ ، ئیتر لە عالەمی مادەو خەلق و تەرکیب نیە • جا ئەم رۆحە کاتێ پەیوەندیی بە هەموو لەشی گیاندارەوە ببێ ــ دیارو نادیاری ــ ئەوە کاتی بێداری عادەتییە ، وە کاتێ پەیوەندی هەر بە ئەجزای نادیارییەوە ببێ کە دڵ و خوێنی و ئەجزا لەطیفەکانەو پەیوەندی بە حەواسەوە نەمێنێ ئەوە کاتی نوستنە کە ئینسان زیندوە بەڵام ئاگای لە خۆی نیە ، وە کاتێ ئەو پەیوەندییە لە ئەجزای دیاری و پەنامەکی بڕا ئەوە کاتی مردنەو نە عەقڵ و نە شوعوور نامێنێ •

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە کە خودای تەعالا گیانی گیانلەبەر وەرئەگرێ و پەیوەندی ئەبڕێ لە لەش لە دیاری و پەنامەکیدا لە کاتی مردنی ئەوانا ، وە گیانی ئەوانەیش کە ئاکامیان نەهاتوە لە نوستندا گیانیان

وه‌رئه‌گرێ‌و په‌یوه‌ندی به زاهیری حه‌واسه‌وه ئه‌بڕێ ، له‌م کاته‌دا په‌یوه‌ندی به باقی ئه‌عزاکانی له‌شه‌وه ؛ وه‌کو دڵو خوێن‌و له‌طائیفی وجـــوود ئه‌بڕێ ، هه‌تا کاتی مردنی دێ ، وه ئه‌مه به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر گه‌وره‌یی زاتی خوداو کرداره عه‌جیبه‌کانی له جیهانا • وه له‌م کرداره سه‌رسوڕهێنه‌رانه‌دا به‌ڵگه‌ی زۆر هه‌یه بۆ گه‌لێ که بیر له شوێنه‌واری هێزو ته‌وانایی خودا بکه‌نه‌وه •

(أَمِ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ شُفَعَاءَ ؟ قُلْ : أَوَلَوْ كَانُوا لا يَمْلِكُونَ شَيْئاً وَلاَ يَعْقِلُونَ ؟ (٤٣) قُلْ : لِلهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعاً لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٤٤) وَإِذَا ذُكِرَ اللهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ ، وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) (٤٥)

یا خه‌یر ئه‌و کافرانه بت‌و په‌رستیار بڕیار ناده‌ن به‌ڵکو مه‌به‌ســــتیان تکاکاری قیامه‌ته‌و داوای ئه‌وه ئه‌کـه‌ن کـه ئه‌م بتانه تکایان بۆ بکه‌ن لــه قیامه‌تا • جا تۆ بڵێ : با ئه‌گه‌ر ئه‌و بتانه خاوه‌نی هیچ نه‌بن‌و عه‌قڵیان به هیچ نه‌شکێ له‌به‌ر ئه‌وه که وشك‌و بێ‌گیانن •• تۆ بڵێ : هه‌رچی شه‌فاعه‌ته موڵکی خودایـه‌و به بێ ئیـذنی خودا که‌س ناتوانێ شـــه‌فاعه‌ت بکا ، وه موڵکی ئاسمانه‌کان‌و زه‌وی بۆ خودایه‌و ، له پاش عاله‌می حه‌یـاتی دنیـاو ماوه‌ی به‌رزه‌خ بۆ لای خودا ئه‌گه‌ڕێنه‌وه •

وه هه‌رکاتێ زاتی خودا به ته‌نیا ناو ببرێ کافره‌کان دڵیان ته‌نگ ئه‌بێ‌و به‌و ناوی خودا تێك ئه‌چن ، وه کاتێ غه‌یری خودا له بته‌کان باس بکرێ ئه‌و کافرانه له‌و کاته‌دا شادمان ئه‌بن •

(قُلِ : اللّهُمَّ فاطِرَ السَّماواتِ والأرْضِ ، عالِمَ الغَيْبِ والشَّهادَةِ ، اَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبادِكَ في ما كانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) (٤٦)

جا تۆ بڵێ : ئەی خودا ، ئەی خالیقی ئاسمانەکانو زەوی ئەی زانای پەنهانو ئاشکرا تۆ فەرماندارو فەرمانڕەوای لە نێوان بەندەکانتا لە هەر شتێکدا کە ئەوان جیاوازییان تیایاندا هەیە •

(ولَوْ اَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ما فِي الاَرْضِ جَمِيعاً ، ومِثْلَهُ مَعَهُ لافْتَدَوْا بِهِ مِنْ سُوءِ الْعَذابِ يَوْمَ الْقِيامَةِ ، وبَدا لَهُمْ مِنَ اللهِ مالَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ (٤٧) وبَدالَهُمْ سَيِّئاتُ ما كَسَبُوا وحاقَ بِهِمْ ما كانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٤٨)

ئەگەر هەرچی شت لە زەویدایەو ئەوەندەی تریش بە قەد ئەوانە هی ئەو کەسانە بوایە کە ستەمیان کردوەو ستەمکار بوون •• هەموویان ئەدا لە رێگەی ئەوەدا کە لەو سزاخراپە رزگاریان بکا کە بە هۆی ستەمکارییەکەیانەوە بۆیان ئامادەکراوە ، وە ئەو ساتە بۆیان دەرئەکەوێ لە لای خوداوە لە سزا ئەوەی کە گومانیان بۆی نەئەچوو بیریان لێ نەدەکردەوە • وە بۆیان دەرئەکەوێ کردەوە ناشیرینەکانیانو تۆڵەو سزای ئەو کردەوانەیان کە لە دنیادا بە گاڵتەیان ئەزانیو گاڵتەیان پێئەکرد •

(وإذا مَسَّ الإنسانَ ضُرٌّ دَعانا ، ثُمَّ إذا خَوَّلْناهُ نِعْمَةً مِنّا قالَ : إنَّما اُوتِيتُهُ عَلى عِلْمٍ ! بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ ، ولكِنَّ اَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ (٤٩) قَدْ قالَها الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، فَما اَغْنى عَنْهُمْ ما كانُوا يَكْسِبُونَ (٥٠) فَاَصابَهُمْ سَيِّئاتُ

ما كَسَبُوا ، والَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هؤلاءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ ما كَسَبُوا ، ومَا هُمْ بِمُعْجِزِينَ (٥١) أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ ويَقْدِرُ ؟ إِنَّ فِي ذلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (٥٢)

یا سای غالب وه‌هایه کاتێ زیانێ له پایه یا له ماڵ یا له نه‌فسدا بگا به یه‌کێ ئه‌و که‌سه لێمان ئه‌پاڕێته‌وه‌و هاوارمان بۆ دێنێ بۆ چاره‌سه‌ری ده‌رده‌که‌ی ، وه هه‌ر کاتێ له لای خۆمانه‌وه نیعمه‌تێکی پێبده‌ین ئه‌ڵێ : ئه‌م نیعمه‌ته‌م به هۆی زانستی خۆمه‌وه پێدراوه ، واته به ئازایی خۆم په‌یدام کردوه • نه‌ء وا نیه ، ئه‌م شته که ده‌ستت‌که‌وتوه هۆی گیرۆده‌یی‌و تاقیکردنه‌وه‌یه ، به‌ڵام زۆربه‌ی ئێوه ئه‌م راستییه نازانن •

ئه‌و که‌سانه‌یش که له پێش ئه‌مدا بوون‌و رابوردن هه‌مان قسه‌یان کرد ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که بوویان له پله‌و پایه‌و ئه‌وه‌ی به ده‌ستیان هێنابو ـ به خه‌یاڵی خۆیان به ئازایه‌تی خۆیان ـ هیچ سوودێکی پێنه‌دان‌و له هیچ گرفتارییه‌ك دووری نه‌خستنه‌وه • وه تۆڵه‌و سزای کرده‌وه ناشیرینه‌کانیان پێگه‌یشت ، ئه‌وانه‌یش له‌مانه سته‌م ئه‌که‌ن له‌مه‌ولا تۆڵه‌ی که‌سب‌و کاری ناپه‌سه‌ندی خۆیان پێئه‌گاو ، ئه‌وان ناتوانن له ده‌ستی خودا ده‌رباز بن •

ئایا ئه‌م خه‌ڵکه نه‌یانزانیوه‌و نازانن که خودای ته‌عالا رۆزی خۆی زۆر ئه‌کا بۆ هه‌رکه‌سێ خواستی لێی بێ‌و که‌م‌و کووڕیشی ئه‌کا بۆ هه‌رکه‌سێ خواستی بێ • به راستی له‌م کردارانه‌دا به‌ڵگه‌و ئایه‌تی زۆر هه‌یه بۆ ئه‌و گه‌لانه که باوه‌ڕیان به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا هه‌یه •

(قُلْ : يا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللهِ ، إِنَّ اللهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً ، إِنَّهُ هُوَ

الغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣) وأَنِيبُوا إِلى رَبِّكُمْ وأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ العَذابُ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ) (٥٤)

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست لـە لایەنی ئێمەوە بەو ئادەمیزادانـە بفەرموو : ئەی بەندەگەلێکی وەها کە زیادەڕەوییان لەسەر نەفسی خۆیـان کردووەو تاوانیان کردوە بە جۆرێ گومانیان وایە نابەخشرێن •• پێیان بڵێ : هیوابڕاو مەبن لە رەحمەتی خودای تەعالا بە راستی خودای تەعالا هـەموو گوناهان ئەبەخشێ بە مەرجێ روو بکەنە خـوداو باوەڕی پێ‌بکەن‌و داوای لێ‌خۆشبوونی لێ بکەن ، بە راستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

وە بگەڕێنەوە بۆ لای خودای خۆتان‌و فەرمانبەرداری ئەو بکەن لـە پێش ئەوەدا کە سزای خوداتان لە ناکاوا بۆ بێت‌و ئێوە ئاگاتان لە خۆتـان نەبێ‌و هەست بە هاتنی ئەو سزا نەکەن •

ریوایەت‌کراوە لە ئیبن‌و عەبباسەوە : کە کۆمەڵێ لە کافرەکان هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت‌و ـ د ـ ئەوانە کەسـانێکی وابوون خەڵکی زۆریـان کوشتبوو ، زیناو خراپەی زۆریان کردبوو ، عەرزیان کرد : ئەوەی کە تـۆ ئێمەی بۆ بانگ ئەکەی باشە ئەگەر خەبەرمـان بدەیتێ دەربارەی کردەوە خراپەکانمان ئایا کەفارەتیان هەیە ؟ جا ئایەتی : (والذين لا يدعـون مع الله إلهاً آخر ، ولا يقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق ولا يزنون)و ئایـەتی (قل : يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله ، ان الله يغفر الذنوب جميعا) هاتە خوارەوە •

(واتَّبِعُوا أَحْسَنَ ما أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذابُ بَغْتَةً وأَنْتُمْ لا تَشْعُرُونَ (٥٥) أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ : يا حَسْرَتى عَلى ما فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللهِ وإِنْ

كُنْتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ ! (٥٦) أَوْ تَقُولَ : لَوْ أَنَّ اللهَ هَدَانِي لَكُنْتُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٥٧) أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ : لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ! (٥٨) بَلَى قَدْ جَاءَتْكَ آيَاتِي فَكَذَّبْتَ بِهَا وَاسْتَكْبَرْتَ وَكُنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ)(٥٩)

وه بكه‌ونه شوێن جوانترین ئایات‌و ئه‌حكامێ كه نازلكراون بۆ لای ئێوه له لایه‌نی خودای خۆتانه‌وه له پێش ئه‌وه‌دا كوتوپڕ سزای خودا بێته سه‌رتان‌و ئێوه هه‌ست به‌و سزا نه‌كه‌ن كه هاتوه بۆ سه‌رتان • مه‌بادا نه‌فسێ له نفوسی به‌شه‌ری له‌و دنیادا هاوار بكاو بلێت : ئه‌ی درێغ له‌سه‌ر ئه‌و كه‌م‌و كووڕییه ده‌رحه‌ق تۆ كردم ! وه به راستی من له‌و كاته‌دا گاڵته‌م به پیاوچاكان‌و به‌نده‌كانی خودا ده‌كرد • یاخود یه‌كێ هاوار بكاو بلێ : ئه‌گه‌ر خودا رێنومایی بكردمایه له پیاوه باشه خاوه‌ن ته‌قواكان ئه‌بووم • یاخود له‌و كاته‌دا كه سزای خودا ئه‌بینێ بلێ : ئه‌گه‌ر جارێ تر بگه‌ڕایه‌مه‌وه بۆ دنیا ئه‌بووم به یه‌كێ له پیاوه چاكه‌كان • نه‌خه‌یر ئایاتی زۆرو زه‌به‌نده‌ی ئێمه هاتن بۆ لات‌و تۆ به درۆت‌دانان‌و خۆت به زل زانی ، وه تۆ له كافره‌كانیت •

(وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللهِ وُجُوهُهُمْ مُسْوَدَّةٌ ، أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْمُتَكَبِّرِينَ ؟ (٦٠) وَيُنَجِّي اللهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا بِمَفَازَتِهِمْ ، لَا يَمَسُّهُمُ السُّوءُ ، وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) (٦١)

وه له رۆژی قیامه‌تا ئه‌بینی ئه‌وانه‌ی درۆیان بۆ خودا هه‌ڵبه‌ستوه‌و ، ئه‌ڵێن : خودا كچی هه‌یه ، یا هاوبه‌شی هه‌یه •• ئه‌یانبینی روویان وه‌كو قیر ره‌شه له به‌ر قاری خودا • وه یا ئه‌كه‌ونه ناڕه‌حه‌تی‌و بێئاسایشییه‌وه‌و

ناوچاویان بە تۆزی ئازار رەش ئەبێتەوە • جا لە لایەنی فریشتەکانی خوداوە ئەوترێ : ئایا لە دۆزەخا جێگەی ئەوانە نیە کە خۆیان بە زل ئەگرنو حەق وەرناگرنو ئیمان نایەنن ؟ بەڵێ جێگەیان هەیەو ، دۆزەخ جێگەی تۆڵەیە •

وە خودای تەعالا ئەوانە رزگار ئەکا کە لە خودا ئەترسنو بە هۆی ئەو ترسانو پارێزەوە لە خوداو بە هۆی ئەو رزگاربوونەوە خراپەیان تووش نابێو زویرو دڵگیر نابن •

(اللهُ خالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وهوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ وكِيل (٦٢) لَهُ مَقالِيدُ السَّماواتِ والأَرْضِ ، والَّذِينَ كَفَرُوا بِآياتِ اللهِ اولائِكَ هُمُ الخاسِرُونَ) (٦٣)

زاتی پەروەردگاری زانای تەوانا کە ناوی ئەڵلایە خالیقی هەموو شتێکە لە کائیناتا لە خێروشەڕو قازانجو زیانو بەسەر هەموو شتێکدا زاناو خاوەن دەستەڵاتەو ، جڵەوی ئیشو کاری ئاسمانەکانو زەوی لە دەستی توانایی ئەودایەو کەس دەستی بەسەریاندا ناڕوا خودا نەبێو ، ئەو نەبێ کەس توانای هەڵسووڕاندنیانی نیە • وە ئەو کەسانە باوەڕیان بە ئایاتی خودا نیەو ، ئینکاری قورئان ئەکەنو ، باوەڕ بە موعجیزات ناکەن •• ئەوانەن زیانکارو بێسوودو بێخێر دەرئەچن لە رۆژگارا •

(قُلْ : اَفَغَيْرَ اللهِ تَأْمُرُونِّي اَعْبُدُ اَيُّها الجاهِلُونَ؟! (٦٤) ولَقَدْ اُوحِيَ اِلَيْكَ وإِلى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ : لَئِنْ اَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ، ولَتَكُونَنَّ مِنَ الخاسِرِينَ (٦٥) بَلِ اللهَ فَاعْبُدْ وكُنْ مِنَ الشَّاكِرِينَ) (٦٦)

ئەی ڕەهبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە : ئەی نەزانەکـان ئـایـا ئێوە داوای ئەوەم لێ ئەکەن کە من بێجگە لە خودا بەندەیی بۆ بتانێ یـــان شتانێکی دیکە بکەم ؟ ئەی ڕەهبــەر وەحی هـاتــوە بۆ لای تۆو بـۆ لای ڕەهبەرانی پێش تۆیش ئەگەر هاوبەش‌و هاوڕێ بۆ خودای جیهان بڕیـــار بدەی هەر کردەوەیەکی چاکەت هەبێ هەمووی پووچ و بێسوود دەرئەچێ‌و ئەبی بەوانە کە زیانۆمەندن • بەڵکو تۆ هەر تەنیا بەندەیی بۆ خودای خۆت بکەو لەوانە بە کە بە دڵ‌و زمان‌و چاوو دەست سوپاسی خودا بکەن •

(وما قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ ، والأَرْضُ جَمِيعاً قَبْضَتُهُ يَوْمَ القِيامَـةِ . والسَّماوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ . سُبْحَانَهُ وتَعالى عَمَّا يُشْرِكُونَ) (٦٧)

ئەو کافرانە وەك پێویست‌و شیاو ڕێزی خودایـان نەگرتـوەو حەقی ئەویان ڕانەگرتوە ، وە ئەم زەوییە بەم زۆرییە هەمووی وەکو شتێ وایـــە کە لە شتێکدا بێ بەو جۆرە وا لـەبـەر قەبضـــەی قودرەتی خودادا • وە ئاسمانەکان بە هێزی خودایی ئەپێچرێنەوە ، خودا پاکەو دوورە لەو شـتـانە کە ئەو کافرانە ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودای تەعالا •

(ونُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّماوَاتِ ومَنْ فِي الأَرْضِ . إِلاَّ مَنْ شاءَ اللهُ . ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرى . فَإِذا هُمْ قِيامٌ يَنْظُرُونَ) (٦٨)

وە بڕیاردراوە کە لە لایەنی فریشتەی ئامادەی فەرمانەوە فوو بکرێ بە (صور) ا بۆ وێرانکردنی کەژو کۆسارو مردنی گیاندار ، جا کاتێ فووی پێداکرد ئەوەی لە ئاسمان‌و زەویدایە هەموو بێهۆش ئەکەون ، کەســـانێ

نەبێ کە خودا خواستی وابێ بمێننەوە ، وەکو چوار فریشـــــتەی نزیکی بارەگا : جوبرەئیلو ، میکائیلو ، عیزرائیلو ، ئیسرافیل • وە ئەوانە کـــە هەڵگری عەرشن •

وە پاش ئەم جارە فووکردنە چل ساڵ جیهان چۆڵو وێرانە ئەبێ ، دوای ئەوە بۆ جاری دوەم فووی پیائەکرێو هەموو گیانلەبەران زیندووئەبنەوەو کوتوپڕ هەمووی بە راوەستاوی دەبینرێن •

وە لەم ئایەتە پیرۆزەدا تەنیا باسی دوو نەفخەکە هەیـە ، وە لـە پـاش نەفخەی دووهەم هەموو گیانلەبەران رەوانەی سارای مەحشـــەر ئەکرێنو چاوەڕوانی لێپرسینەوە ئەکەن •

(وَأَشْرَقَتِ الأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ، ووُضِـعَ الكِتَابُ ، وجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ والشُّهَدَاءِ ، وقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وهُمْ لا يُظْلَمُونَ (٦٩) ووُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَـــا عَمِلَتْ ، وهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ) (٧٠)

وە لەو کاتەدا رۆژی ئاسمان نەماوەو مانگو ئەستێران لەناوچوونو ، زەوی وەکو بەینی بەیانیو هەتاوکەوتن رووناك ئەبێتەوە بە پڕتەوێ کـــە خودا دروستی ئەکاو ، پەیوەندی بە هیچ ئەستێرەیەکەوە نیە ؛ چونکی ئەو خودایە :

وا نوور دەرئەکا لـە جەبهەی هەتاو
پڕتــەو دەرئەکا بێ‌رۆژ لە مەهتــاو

وە پاش ماوەی چاوەڕوانی خەڵك لـەم ســـاراداو تکای گـــەورەی حەزرەت بۆ دەستکردن بە لێپرســـینەوە •• کیتـــابی کردەوە دائەنرێو

پێغەمەرەکان ئەهێنرێن بۆ شایەتی لەسەر بەندەکانی خودا • وە ئەو کەسانەیش کە ئاگادارن لە ئەحوالی ئەفرادی ئوممەت وەکو مەلائیکەی نووسەری کردەوە ، وە ئەو موسوڵمانانە ئاگادارن لەسەر کردەوەکان ، وە یاخود نەفسی شەهیدانی جەنگ بۆ ئەوە شایەتی بدەن لەسەر جەنگەکەیان ، یا هەر لەبەر دەرخستنی پایەی بەرزیان ، وە حوکم ئەدرێ لە نێوان بەندەکانی خودادا بە حەق ، وە ئەوانە کەسیان ستەمیان لێ ناکرێ ، وە هەرکەسێ بە گوێرەی ئەو کردەوە کردوویەتی جەزای ئەدرێتەوە • وە لەگەڵ ئەوەدا کە خودا زانایە بە کردەوەی خەڵك‌و پێویستی بە شایەت‌و مەحکەمە نیە خودا ئەم مەحکەمە ئەکاو ، شتێکی دیمەنییە ، لەبەر ئەوەی کەس نەڵێت فلانە شتم نەکردوە ، یا فلان خێرم کردوە • ئەنا پێویست ناکا •

(وسِيقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلى جَهَنَّمَ زُمَراً ، حَتَّى إِذا جَاؤُها فُتِحَتْ أَبْوابُها ، وقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُها : أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آياتِ رَبِّكُمْ ، ويُنْذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هذا ؟! قَالُوا : بَلى : وَلكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ العَذابِ على الكافِرِينَ (٧١) قِيلَ : ادْخُلوا أَبْوابَ جَهَنَّمَ خالِدِينَ فِيها ، فَبِئْسَ مَثْوى المُتَكَبِّرِينَ) (٧٢)

له پاش جیابوونەوەی کافران لە موسوڵمانان •• کافرەکان ئەدرێنەبەر بۆ دۆزەخ کۆمەڵ کۆمەڵ، کاتێ گەیشتنە دۆزەخ دەرگاکانیان بۆ ئەکرێتەوەو، ئەوانە کە کاربەدەست‌و دەرگاوانی دۆزەخن بە سەرزنشتەوە پێیان ئەڵێن : ئایا پێغەمەرانێ لە خۆتان نەهاتن بۆ لاتان کە ئایەتەکانی خوداتان بەسەرا بخوێننەوەو بتانترسێنن لە پێگەیشتنی ئەم ڕۆژە ڕەشە ؟! ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن : بەرێ‌وەڵلا ڕەهبەرەکان هاتن‌و ئامۆژگاریان کردین ، بەڵام کەلیمەی

سزا لەسەرمان دامەزرابوو لەبەر بێشوعووری خۆمانو کافربووین • جا لـە لایەنی ئەو فریشـــتانەوە پێیـان ئـەوترێ : دەی بڕۆن بـەو دەرگـایـانی دۆزەخەداو ئەوە بزانن‌و بڕیاری بـدەن کە ئەمێننەوە تیایا هەتاهەتایـە • جا بە ڕاستی قەرارگای کافرەکان زۆر ناباره ؛ چونکی خۆیان لە دنیـــادا بە گەورە تەماشا ئەکردو ئەمەیش ـ کە جێگەیەکی پیســـە ـ جێگەی ئـەو کەسانەیە کە خۆیان بە زل ئەزانن •

(وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا ، حَتَّى إِذَا جَاؤُهَا ، وَفُتِحَتْ أَبْوَابُهَا ، وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا : سَـــلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ (٧٣) وَقَالُوا : الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ ، فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (٧٤) وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ ، يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ، وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ ، وَقِيلَ : الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (٧٥)

وە لە کۆمەڵی موسوڵمانانیشدا ئەوانەیان کە تەقوای خودایان کردوە بەرەو بەهەشت ئەدرێنەبەر ، کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر پایەو مایە ، هەتا کـاتێ ئەگەنە بەر بەهەشت دەرگاکان کراونەتەوەو ، دەرگاوانەکان پێیان ئەڵێن : دروودی خوداتان لەسەر بێ‌و پاك بن لە چڵکی تاوان • دەی بێن بەسـەری چاوان ، فەرموون بڕۆنە ناو بەهەشـــتەکانو بڕیـار بـدەنو بزانن تیایانـا ئەمێننەوە هەتاهەتایە •

جا ئەوانیش لە خۆشییانا ئەڵێن : سوپاس‌و ستایش بۆ خودا کە بەڵێنی خۆی لەگەڵدا جێبەجێ کردین ، وە ئەم وڵاتی بەرزی بەڕێزەی بەهەشـــتی

بێ که‌ره‌م کردین‌و ، بێ ئیستیحقاقی ئێمه کردی به خه‌ڵات وه‌کو ماڵی میرات، بۆ خۆمان دائه‌نیشین‌و له به‌هه‌شتا جێگه ئه‌گرین له هه‌ر شوێنێکا بمانه‌وێ • زۆر جوانه پاداشی چاکه‌که‌ران • جا له‌وێدا فریشـــته‌کان ئه‌بینرێن ده‌وره‌ی عه‌رشی خودایان داوه‌و سوپاس‌و ستایشی خودای خۆیان ئه‌که‌ن ، وه لـــه لایه‌نی ئه‌وانه‌وه ، یـا لـه لای خوداوه ده‌وتـرێ : (الحمد لله رب العالمين) سوپاس بۆ خودای جیهان •

سوورەتی غافیر لە سـوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتەکانی ٥٦و ٥٧ نەبێ ، هەشتاو پێنج ئایەتە ، دوای سـوورەتی (زمر) هاتوەتە خوارەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(حمٓ (١) تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٢) غَافِرِ الذَّنبِ . وَقَابِلِ التَّوْبِ . شَدِيدِ الْعِقَابِ . ذِي الطَّوْلِ ، لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ . إِلَيْهِ الْمَصِيرُ (٣) مَا يُجَادِلُ فِي آيَاتِ اللَّهِ إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا . فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِي الْبِلَادِ) (٤)

ئەم سوورەتە (حامیم)ە ، وە ئەم ئایەتانە کـە لەمەولا ئەخوێنرێنـەوە ئایاتی کتێبێکن کە لە لایەنی خودای خاوەن عیزەتو زانسـتەوە نێرراونەتە خوارەوە ، ئەو خودایە کە تۆڵەسەندنەوەی زۆر بە هێزو تینەو ، خـاوەن فەزڵیشە . گەلێ جار دەس لە تۆڵەسەندنەوە هەڵئەگرێ ، هیچ مەعبـوودێ نیە ئەو نەبێو گەڕانەوە بۆ لای ئەوە ، شۆڕو ئاشووب ناگێڕی بەرابەر بـە ئایەتەکانی ئێمە ئەو کەسانە نەبێ کافروبێ باوەڕن بە ئێمە . با تۆ بایی نەکـا هاتوچۆی ئەوان لە شارەکانا ، واتە مۆڵەتدانی ئەو کافرانە مەکە بە بەڵگەی رزگاربوونیان ، من ئەگەر ماوەیێ مۆڵەتیان بدەم پاش ئەوە ئەیانگرم .

وە بزانـن جیدالو ئاشـووبنانـەوە ئەگـەر بـە بەتاڵ بێو بـۆ ونکردنی راستی بێ ئەوە خراپەو پێویستە لەسەر دەستڕۆیشتووان خەڵك

لەو جیداله مەنع بکەن ، بەلاّم گەلیّ جار جیدال ئەکریّ بۆ دەرخستنی راستیو دەفعی بازیّ موعاریضین له قسەکردن .. ئەم جۆره جیداله دروسته ، بەلّکو واجبه بۆ پاراستنی قورئان .

(كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ ، وَالأَحْزَابُ مِنْ بَعْدِهِمْ . وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ . وَجَادَلُوا بِالبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ ، فَأَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ؟ (٥) وَكَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا ، أَنَّهُمْ أَصْحَابُ النَّارِ) (٦)

له پێش ئەم گەلی چەرخی تۆدا گەلی نوحو چەن کۆمەڵیّ له کافرانی دنیا له پاش ئەوان ، واته له پاش گەلی نوح ، چوون بە گژ پێغەمەرەکانیاناو بەدرۆیان خستنەوە ، وە هەر گەلیّ لەو گەلانە ویستی پێغەمەرەکەی خۆی بگریّو شوێنەواری پەیامو پەیامبەران نەیەڵن ، وە گەلیّ بەربەرەکانی پووچیان کرد بۆ ئەوە حەق ونبکەن ! جا منیش ئەوانم گرت ، جا بزانن تۆڵەی من چەنیّ بەهێز بوو بۆ ئەوان ؟

ئاوا بەو شێوە دامەزراوەو جێگیر بوە فەرمانی خودای تۆ لەسەر بەدئەنجامی ئەوکافرانە کە لایان دا له فەرمانی خوداو پێغەمەرو چوون بە گژی یاسای دیناو فەرمانەکەی ئەمەیە ئەو دوژمنانی حەقە وان له ئاگری دۆزەخا .

(الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ، وَيُؤْمِنُونَ بِهِ ، وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا : رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَحْمَةً وَعِلْماً ، فَاغْفِرْ

لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ . وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (٧)
رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدْتَهُمْ . وَمَنْ صَلَحَ
مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ . إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ
الْحَكِيمُ (٨) وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ . وَمَنْ تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ
فَقَدْ رَحِمْتَهُ ، وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) (٩)

واتە ئەو فریشتە پیرۆزانە کە عەرشـــی خـــودا هەڵئەگرنو ئـەو فریشتانەیش کە وان بە دەوری عەرشا کە خودا نەبێ کەس نـازانێ چـەنێ زۆرن سوپاسو ستایشی خودای خۆیان ئەکـــەنو باوەڕی پێ ئەکـەنو ، داوای لێخۆشبوونو تاوانبەخشیو گوناحپۆشی ئەکەن بۆ ئەو کەســـانە ئیمانیان هێناوە ، ئەڵێن : ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ هەموو کائینـــاتت داگرتوە بە میهرەبانیو زانیاری ، زانیاریت چەند رەســـایە لـە جیهـانـا میهرەبانیشت ئەوەندە رەسایە ، دەی تاوانی ئەوانە بپۆشە کە باوەڕیـــان پێکردوویتو کەوتوونەتە شوێن رێبازو شەریعەتی تۆ ، وە لە ســـزای دۆزەخ بیانپارێزە ، پەروەدگارا بیشیانبەرە ناو بەهەشـــتی عەدن ، ئـەو بەهەشتەی کردووتە بە سارای ئاسایش بۆ دۆستانت ، ئەو بەهەشتەی کـــە بەڵێنت پێداون لە بەرابەری باوەڕو کردەوەی باشیانەوە ، وە بەڵێنیشـــت داوە بە هەرکەسێ رێك کەوتبێ لەگەڵ یاسای ئایینا لە باوکو باپیرەکانیانو ژنەکانیانو نەتەوەکانیان . بە راستی هەر تۆی کە زاڵی بەســـەر هـەموو مومکینێ لە مومکیناتاو هەر تۆی خاوەن حیکمەتی لە کارەکاتتا ، وە لـــە دنیایشـــا بیانپارێزە لـــە بیرو باوەڕی نابەرو لـــە کردەوەی ناهەمـــوارو بیشیانپارێزە لە سزای ناباری رۆژی قیامەت ، وە هەرکـەسێ کـــە تـۆ بیپارێزی لەو خراپانە ئەوە بە راستی میهرەبانیت لەگەڵدا کردوە ، وە ئـەم لە سزا پاراستنە ئەنجامی گەورەی عالەمیە بۆ بەختیاران .

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنَادَوْنَ : لَمَقْتُ اللهِ أَكْبَرُ مِنْ مَقْتِكُمْ أَنْفُسَكُمْ ، إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى الإِيمَانِ فَتَكْفُرُونَ)(١٠)

بە راستی ئەو کەسانە کافر بوون بە خوداو پێغەمەری خوداو لەسەر ئەو کوفرە مردن لە رۆژی قیامەتا ، لەو کاتەدا کە بۆیان دەرئەکەوێ کە کارێکی خراپیان بە خۆیان کردوەو کاتێ کە لۆمەو سەرزەنشتی خۆیان ئەکەن لەسەر کوفرەکەیان •• بانگ‌ئەکرێن‌و پێیان ئەوترێ : ئەو سەرزەنشت‌و لۆمەیە کە ئیمڕۆ خودا ئەیکا بە ئێوە زۆر لە سەرزەنشت‌و لۆمەکانی خۆتان بۆ خۆتان گەورەترە ؛ چونکە سەرزەنشتەکەی خودا لەگەڵ فەرمانی سزاو چوونەناو دۆزەخدایە •

وە ئەم سەرزەنشتە گەورەی خودایە بۆ ئێوە لەبەر ئەوەیە کە لە دنیادا بانگ‌ئەکران بۆ ئیمان‌و ئێوە کوفرتان هەڵئەبژارد بە سەر ئیمانا •

(قَالُوا : رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ ، فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا ، فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِنْ سَبِيلٍ ؟) (١١)

ئەو کافرانە کاتێ سزا ئەدرێن‌و لە ئاگری دۆزەخدا سزا ئەچەژن ، ئەڵێن : پەروەردگارا تۆ دوو جار ئێمەت‌مراندوەو دوو جاریش زیندووت‌کردینەوەو ، تۆ زاتێکی تەواناو زانایو ، ئێمە پێمان لە تاوانباری خۆمان نا ، ئایا رێگەیەك هەیە بۆ دەرچوونمان لە ئاگری دۆزەخ ؟ وە خودایش ئەفەرموێت : نەخەیر ناتوانن لە دۆزەخ دەرچن‌و بگەڕێنەوە بۆ دنیا •

(ذَلِكُمْ بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ ، وَإِنْ يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ) (١٢)

وه ئه‌م سزا ناباره که ئێوه‌ی تێکه‌وتوون له‌به‌ر ئه‌وه‌یه کاتێ خودا به‌ ته‌نیا بانگ بکرایه کوفرتان ئه‌کردو به‌ خودابه‌یه‌کناسی رازی نه‌ده‌بوون ، به‌لام ئه‌گه‌ر هاوڕێو هاوبه‌شی بۆ بڕیاربدرایێ باوه‌ڕتان پێ ئه‌کرد له‌گه‌ل هاوبه‌شه‌که‌دا ، ده‌ی فه‌رمان بۆ خودایه که دووره له‌ هاوبه‌شو ، گه‌وره‌و خاوه‌ن ده‌سته که فه‌رمان ئه‌دا به‌سه‌ر کافره‌کانا به سزا هه‌تا هه‌تایه ۰

بزانن ! ئه‌و دوو مردنو دوو زیندووکردنه‌وه به دوو جۆر مانایان لێدراوه‌ته‌وه :

یه‌که‌م : ئه‌مه‌یه مراندنی یه‌که‌م بوونی ئینسانه به ماده‌ی بێ گیانو نوتفه‌ی بێ رۆح ۰ مردنی دوه‌میش مردنی کاتی هاتنی ئه‌جه‌له له دنیادا ۰ وه زیندووکردنه‌وه‌کان ؛ یه‌که‌م له‌و کاته‌وه‌یه که له سکی دایکیا زیندووئه‌بێو رۆح ئه‌کرێ به به‌ریا ۰ زیندووکردنه‌وه‌ی دوه‌م ئه‌وه‌یه که له رۆژی قیامه‌تا ئینسان له گۆڕ ده‌رئه‌کرێو به‌ره‌و سارای لێپرسینه‌وه ئه‌درێته‌به‌ر ۰

مانای دوه‌م : مراندنی یه‌که‌م مراندنه له دنیاداو له‌ کاتی ئاکاماو ، دوه‌م مراندنه له گۆڕا له پاش پرسیاری ناوگۆڕ له باره‌ی ئایینو باوه‌ڕه‌وه ۰ وه زیندووکردنه‌وه‌ی یه‌که‌م ئه‌وه‌یه که خودا گیان ئه‌کا به به‌ری ئینسانا له سکی دایکیا پاش ئه‌وه که چوارمانگی ته‌واو کرد ۰ وه زیندووکردنه‌وه‌ی دوه‌م یا زیندووکردنه‌وه‌یه پاش ناشتنو خستنه گۆڕ بۆ پرسیاری فریشته ۰ وه یا زیندووکردنه‌وه‌ی پاش هاتنی رۆژی قیامه‌ته ۰

به‌لام مانای یه‌که‌م باشتره ؛ چونکی ئه‌م زیندووکردنه‌وه‌ی گۆڕه زیندووکردنه‌وه‌یه‌کی لاوازه‌و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه که له پرسیاری فریشته‌کان بگاو ، به‌مه ده‌وترێ (زیندووکردنه‌وه‌ی به‌رزه‌خی) ۰

(هُوَ الَّذِي يُرِيكُمْ آيَاتِهِ ، وَيُنَزِّلُ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ رِزْقاً ، وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلاَّ مَنْ يُنِيبُ (١٣) فَادْعُوا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (١٤) رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ، لِيُنْذِرَ يَوْمَ التَّلاَقِ (١٥) يَوْمَ هُمْ بَارِزُونَ لاَ يَخْفَى عَلَى اللهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ . لِمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ؟ لِلهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ (١٦) الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ ، لاَ ظُلْمَ الْيَوْمَ ، إِنَّ اللهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ) (١٧)

ئەو خودایە کە ئێوە بانگ‌ئەکرێن بۆ ئەوە کە بە یەکی بناسن خودایەکە نیشانەو بەڵگەی یەکیەتی خۆیو بەڵگەی ئەوە کە هەموو کەماڵێکی هەیەو دوورە لە عەیب نیشانی ئێوە ئەداتو ، لە ئاسمانەوە رۆزیتان بۆ ئەنێرێتە خوارەوە ؛ باران ئەبارێنێ تا کشت‌وکاڵو گیاو گوڵی زەردو ئاڵ بڕوێنێو گیای خواردەمەنی زۆربن ، وە لە ئاسمانەوە گەزۆتان بۆ ئەبارێنێو ، شۆکەتان بەسەردا ئەڕژێنێو ، پەلەوەری شەلاقە دائەبارێنێ بەسەرتاناو هەوای ئاسمان وەها ئەگۆڕێ کە چەن جۆر بەرو بەرامە لە دنیادا پێ بگا ، بەڵام کەسانێکی هۆشیار نەبێ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم نیعمەتانە لە خوداوەنو ئەو بۆی بەرهەم هێناوین . وە بۆ لای خودا بگەڕێنەوە . دەی بانگ لە خودا بکەن بە حاڵی ئیخلاصی دینەوە هەرچەن کافرەکان پێیان ناخۆش بێ . پایەی کەمالاتی ئەوەندە بەرزە عەقڵ پیایا ناگاو لێی تێ ناگا ، هەروەها لە مەعنای زۆریو رەسایی زانستو تەوانایی خودا حاڵی نابێ . خودا خاوەنی عەرشە ، فریشتە گەورەکە ، کە جیبریلە ، ئەینێرێ بۆ سەر هەرکەسێ بیەوێ بیکا بە پێغەمەر لە بەندەکانی ، هەتا خەڵك بترسێنێ لە

ڕۆژی گەیشتنیان بە خوداو ، بە جەزای بیرو باوەڕو کردەوەکانیان ، ئەو ڕۆژە کە ئەوان لە سارای قیامەتا دەرئەکەون کەس لەوان لە خودای تەعالا ون نابێو لەبەرچاوی ئاگاداری خودادا دیارە • جا لەو ڕۆژەدا کە عالەم وا لەبەر هێزی هەیبەتی خوداداو کەس هیچ جۆرە هێزێکی نیە ئەگەر پرسیار بکرێ کە سەرۆکایەتیو گەورەیی ئەمڕۆ بۆ کێیە ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە بۆ خودای تاقی تەنیای قەهارە •

جا لەم ڕۆژەدا هەموو کەسێ بە پێی کردەوەی خۆی پاداشی ئەدرێتەوەو ، کەس ستەمی لێ ناکرێ • خودا چەسپانحسێبە ، واتە زۆر بە زوویی لێپرسینەوەی هەموو بەندەکانی خۆی تەواو ئەکا •

(وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الآزِفَةِ : إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ ، كَاظِمِينَ ، مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلاَ شَفِيعٍ يُطَاعُ (١٨) يَعْلَمُ خَائِنَةَ الأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ (١٩) وَاللهُ يَقْضِي بِالْحَقِّ ، وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لاَ يَقْضُونَ بِشَيْءٍ ، إِنَّ اللهَ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) (٢٠)

وە ئەو خەڵکە بترسێنە لە ڕۆژی قیامەت ، کە هاتنی نزیکە ، بیانترسێنە لەو کاتە کە لەبەر ترسو پەرێشانی لەوانەیە دڵیان دەربێتو ، دڵیان گەیوەتە نزیکی قوڕگیان لە بەر قارو خەمی دڵیان • لەگەڵ ئەوەدا ئەو خەمی خۆیانە بە ناچاری ڕائەگرنو دان بە خۆیانا ئەگرن ، لەو کاتو ساتەدا ستەمکارەکان نە دۆستێکی گەرمی وەهایان هەیە یارمەتییان بداو ، نە تکاکارێکیشیان هەیە کە گوێی بۆ بگیرێ •

دە ئەو خەڵکە تێبگەیەنە کە خودا زانایە بە نیگای خەیانەت لە چاواناو بەو وردەخەیاڵانە کە وان لە دڵداو ، خودای تەعالا هەر حوکمێ بکا

حوکمەکەی حەقەو ئەوانە کە خەڵك بانگیان ئەکەن ، بێجگە لە خودا ، وەکو بتەکان ئەوە هیچیان پێ ناکرێو حوکمو دەستەڵاتی هیچیان نیە ، بە راستی هەر خودایە شنەواو بینایە •

(اَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِنْ قَبْلِهِمْ ، كَانُوا هُمْ اَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وآثاراً فِي الأَرْضِ ، فَأَخَذَهُمُ اللهُ بِذُنُوبِهِمْ ، وما كَانَ لَهُمْ مِنَ اللهِ مِنْ وَاقٍ ؟ ؟ ! (٢١) ذلِكَ بِأَنَّهُ كانَتْ تَأْتِيهِمْ رُسُلُهُمْ بِالبَيِّنَاتِ فَكَفَرُوا ، فَأَخَذَهُمُ اللهُ ، اِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ العِقَابِ) (٢٢)

ئایا ئەو کافرانە بۆ ناگەڕێن بە زەویدا تەماشا بکەن بزانن ئەنجامی ئەوانە کە لە پێش ئەمانا بوون چۆن بوە ؟ ئەوانە لەمانە بەهێزتر بوون لە بابەتی ئەسبابەوەو شوێنەوارەکانیان وەکو قەڵای ئەستوور لە زەویدایە ، جا خودا بە بۆنەی گوناحەکانیانەوە گرتنیو کەسیان دەس نەکەوت کە لە قاری خودا بیانپارێزێ • ئەمە لەبەر ئەوە بو کە پێغەمەرەکان ئەهاتن بۆ لایان لەگەڵ موعجیزاتا کەچی ئینکاریان کردو دەستیان کرد بە بەربەرەکانێ لەگەڵیانا ، جا خودای تەعالایش گرتنی بە قار بە راستی خودا بەهێزەو تۆڵەوەرگرتنی سەختە •

(ولَقَدْ اَرْسَلْنا مُوسى بِآيَاتِنَا وسُلْطَانٍ مُبِينٍ (٢٣) اِلى فِرْعَوْنَ وهامَانَ وقارُونَ ، فَقَالُوا : ساحِرٌ كَذَّابٌ (٢٤) فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْحَقِّ مِنْ عِنْدِنَا قالُوا : اقْتُلُوا اَبْنَاءَ الَّذِينَ

آمَنُوا مَعَهُ واسْتَحْيُوا نِساءَهُمْ. وما كَيْدُ الْكَافِرِينَ اِلاَّ فِي ضَلالٍ) (٢٥)

بە راستی موسامان لەگەڵ ئایاتو موعجیزاتی دیاری خۆماناو لەگەڵ بەڵگەی بەهێزدا وەکو عاساکەی بێ کە لە جیهانەوە دیار بوو .. نارد بۆ لای فیرعەونو هامانی وەزیریو قاروونی خزمی موسا ، ناردمان بۆ لای فیرعەونو هامان بۆ ئەوە لە فەساد دابەزنو ، واز لە بەدکاریو تەسخیری بەنی ئیسرائیلو ئازاردانیان بێنن‌و بۆ ئەوە خۆی ئیمان بێنێو روو بکاتە خوداو رێگەی ئیسلامو ئیمان بگرێ . وە بۆ لای قاروون بۆ ئەوە بەو **ئەندازە ماڵە دەستی کەوتوە بایی نەبێو واجیباتی شەرعی لێ بداو ، دەسگرۆیی هەژارو داماوانی لێ بکاو ، بەشی هاوڕێکانی بدا . کەچی ئەوان لە باتی ملکەچکردن بۆ فەرمانی موسا وتیان : ئەم کابرا جادووگەرێکی درۆزنە !**

جا کاتێ موسا دەستی کرد بە دەعوەتیان بۆ لای خوداو ئەو پەیامە راستانە کە لە لای ئێمەوە پێیدرابوو نیشانی ئەوانی دا ، وتیان : ئەو کەسانە کە شوێن موسا کەوتوون هەموو منداڵە نێرینەکانیان بکوژنو هەرچی منداڵی مێینەیان هەیە بیانهێڵنەوە با هێزی دڵیان بشکێو نەکەونە شوێن موسا . بەم جۆرە دەستیان کرد بە فرۆفێڵو لە واقیعدا فرۆفێڵی کافران هەر لە ونبوونو زایەبوونایە .

(وقالَ فِرْعَونُ : ذَرُونِي اَقْتُلْ مُوسى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ ! اِنِّي اَخَافُ اَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ ، اَوْ اَنْ يُظْهِرَ فِي الأَرْضِ الفَسادَ (٢٦) وقالَ مُوسى : اِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي ورَبِّكُمْ مِنْ كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ) (٢٧)

وە فیرعەون پاش تەبلیغاتی موسا ـ د ـ قاری هەستاو وتی بە دەستەو بەستەکەی بارەگای خۆی : وازم لێبێنن موسا ئەکوژم ، جا با موسا هاوار لە خودای خۆی بکا چی ئەکا بیکا ! چونکی بە راستی من لە موسا ئەترسم کە دین و ئایینی ئێوە بگۆڕێ و هەموو بڕۆنە سەر دینی ئەو • وە یاخود لەم زەوی میصرەدا فەسادی دووبەرەکی دەربخاو خەڵك تێکبچن •
وە موسایش فەرمووی : بە راستی من پەنا ئەگرم بە خودای خۆم و خودای ئێوە ، کە یەك خودایە ، لە ئاشووب و ئازاری هەر خاوەن دەمارێ کە ئیمانی بە رۆژی لێپرسینەوە نیە •

(وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ : أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللهُ ؟! وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ ؛ وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ ، وَإِنْ يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ ، إِنَّ اللهَ لا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ (٣٨) يَا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ ، فَمَنْ يَنْصُرُنَا مِنْ بَأْسِ اللهِ إِنْ جَاءَنَا؟ قَالَ فِرْعَوْنُ : مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى ، وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ) (٢٩)

جا کاتێ فیرعەون ئەو هەڕەشەیە کردو موسا بەیانی پەنابردنی خۆی بە خودا کرد لە ئاشووبی فیرعەون ، پیاوێکی خاوەن باوەڕ بە موساو لە دەستەی فیرعەون لە رووی خێرخواهی و ئامۆژگارییەوە بە گەلەکەی وت : ئایا ئێوە کەسێ ئەکوژن کە بڵێت (الله) خوداو پەروەردگاری منە ؟ لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێ موعجیزەی لە لای خودای خۆیەوە بۆ هێناون ! ئەگەر

بلێین درۆ ئه‌کا ئه‌وه ئۆباڵی درۆکه به ئه‌ستۆی خۆیه‌تی ، وه ئه‌گه‌ر راست بکا ئه‌وه بازێ له‌و سزایانه که ئه‌و هه‌ڕه‌شه‌یان پێ ئه‌کا ئه‌گا به ئێوه • جا له‌مه زیاتر زیاده‌ڕه‌وی مه‌که‌ن له‌گه‌ڵ پێغه‌مه‌ری خودادا ، به راستی پیاوی ئاوا خه‌ریکی زیاده‌ڕه‌وی بێ‌و ئه‌وه پێشه‌ی بێ له به‌رابه‌ری خوداو پێغه‌مه‌رانیه‌وه خودا ده‌ستی پێ ناداو شاره‌زای ناکا بۆ رێگه‌ی پیرۆزی • ئه‌ی گه‌لی من ئێوه ماڵ‌و دارایی زۆرتان هه‌یه‌و له زه‌ویدا ده‌ستڕۆیشتوون ، جا خودانه‌خواسته ئه‌گه‌ر بازێ زه‌حمه‌ت بێت به‌سه‌رمانا ئه‌وه کێ یارمه‌تیمان ئه‌داو رزگارمان ئه‌کا له‌و سزای خودایه ؟

جا له‌وێدا فیرعه‌ون به گه‌لی میصری وت : من پیشانتان ناده‌م ئه‌وه نه‌بێ که خۆم ئه‌یبینم‌و شاره‌زاتان ناکه‌م بۆ رێگه‌ی چاک‌و پیرۆزی ئینسانییه‌ت نه‌بێ •

(وَقَالَ الَّذِي آمَنَ : يَا قَوْمِ ، إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ مِثْلَ يَوْمِ الأَحْزَابِ (٣٠) مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ ، وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْماً لِلْعِبَادِ (٣١) وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ : (٣٢) يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ، وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٣٣) وَلَقَدْ جَاءَكُمْ يُوسُفُ مِنْ قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ ، فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِمَّا جَاءَكُمْ بِهِ ، حَتَّى إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ : لَنْ يَبْعَثَ اللَّهُ مِنْ بَعْدِهِ رَسُولاً ؛ كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُرْتَابٌ) (٣٤)

وە ئەو پیاوە خاوەن باوەڕە کە لە خزمو دەستەی فیرعەون بوو لـــە شێوەی دڵسۆزیدا وتی : ئەی گەلی من لەم بێباوەڕیو ســـەرپێچی ئێـوە ئەترسم ، ئەترسم سزای چەن رۆژێکی سەختی وەکو رۆژەکان کــــە هاتن بەسەر کۆمەڵ کۆمەڵی گەلە پێشوەکانا ، وەکو بیستووتانە خودا هەمووی لەناوبردن ، بێت بەسەر ئێوەیشا • دوایی بێت بەسەرتانا ئەوەی بەســـەر گەلانی نوحو ، عادو ، ئەموودو ، ئەوانەیش بە شوێن ئەوانا هاتن ، وەکـو گەلی لوط ، ئەترسم شتێکتان بەسەرا بێ وەکو ئەوانو ئەو ئوممەتانەیش لە دوای ئەوان هاتن کە هەموو بەرباد بوون • وە ئاشـــکرایە خودا نایەوێ ستەم لە بەندەکانی خۆی بکات •

وە ئەی گەلی خۆم من ترسم لە ئێوە هەیە کاتێ کە ساتی بانگکردنی خەڵکی قیامەت دێتو بازێکیان بانگ لە بازێکیان ئەکەنو هاوار لـەیــەك ئەکەن بۆ فریاکەوتنو کەس بە کاری کـەس نایێ •• دوو چاری ئەو رۆژە بین •

ئەو رۆژە کە پشت لە سارای لێپرســـینەوە هەڵئەکەنو ئەتانـەوێ رابکەنو ئەتان گێڕنەوە ، وە یا کە ئەتانبەن بۆ دۆزەخو کەس لە ئێوە کەس نیە بیپارێزی لە زەحمەتو سزای خوداو ، لە واقیعدا ئەو مەینەتانە هەمووی ئەنجامی گومڕاهی دنیایەو هەرکەس خودا گومڕاهی بکا لـــە بەر بەدڕایی خۆی کەس نیە بتوانێ هیدایەتی بدا •

وە بە راستی لەمەوپێش حەزرەتی یوسفی کوڕی یەعقوب هـات بـۆ لاتانو ، ئەحکامی خودای تەعالای پێگەیاندنو گەلێ موعجیزەی رووناکی نیشاندان ، کەچی ئێوە هەر لەسەر دوودڵی لە عاستی پەیـامو پەیامبەراندا مانەوەو باوەڕتان بەوە نەکرد کە ئەو بۆی هێنابوون ، هەتا کاتێ کۆچی کرد وتتان : ئیتر لە پاش یوسف خودای تەعالا کەسی تر نانێرێ بۆ رەهبـــەری

ئاده‌میزاد • واته وه‌کو گومانتان بو له پێغه‌مه‌رایه‌تی یوسفدا سووریش بوون له‌سه‌ر ئه‌وه که له پاش ئه‌و خودا پێغه‌مه‌ر نانێرێ ، واته کوفره کۆنه‌که‌تان مابوو کوفرێکی تازه‌یشتان کرد به سه‌رباری •

یاخود له پاش کۆچی دوایی یوسف ئه‌وه‌نده صـــــیفاتی گه‌وره‌ی یوسفتان له‌به‌رچاودا جێگیر بووبوو ئه‌تانوت : ئیتر که‌ســـــی وه‌ها ئـه‌م صیفه‌تانه‌ی ببێ له عاله‌ما نابێ ، بێ‌ئاگا بوون له‌وه که خودا ته‌وانایه به‌ســه‌ر ئه‌وه‌دا هه‌رکه‌سێ خواستی لێی ببێ دروستی بکا • جا ئاوه‌ها خودا گومڕا ئه‌کا ئه‌و که‌سه‌ی که ده‌رباره‌ی خوداو پێغه‌مه‌ری خودا زیاده‌ڕه‌وی ئـه‌کـاو گومانی له خودادا هه‌یه •

(الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ، كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللهِ وعِنْدَ الَّذِينَ آمَنُوا كذلِكَ يَطْبَعُ اللهُ عَلَى كُلِّ قَلْبٍ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ) (٣٥)

ئه‌و که‌سانه که موجاده‌له‌و شۆڕی به‌تاڵ ئه‌کـه‌ن لـه ئایاتی خوداداو بێ‌باوه‌ڕی نیشان ئه‌ده‌ن به‌و ئایه‌تانه به بێ ئه‌وه به‌ڵگه‌یان هه‌بێ یان بۆیـان هاتبێ •• ئه‌وانه تاوانیان زۆر گه‌وره‌یه‌و گه‌لێ له ره‌حمه‌تی خوداوه دوورن ، هه‌روا تاوانیان لای موسڵمانو خاوه‌ن باوه‌ڕه‌کانیش گه‌لێ گـه‌وره‌یه • وه ئه‌مانه بۆیه ئه‌و جه‌ده‌لو شۆڕه ئه‌که‌ن ؛ چونکی خودای ته‌عالا مۆری ناوه به‌سه‌ر دڵیانو نووری حه‌قپه‌رستی ناڕواته ناو دڵیانه‌وه لـه‌بـه‌ر ده‌مـارو خۆبه‌زل‌گرتنو گاڵته‌کردنیان به دین • وه هه‌رکه‌سێ خۆی به زل بـزانێو سته‌مکار بێ بێگومان ئه‌وانه خودا مۆر ئه‌نێ به دڵیانا •

بزانن : به گوێره‌ی سیاقی ئایه‌ته‌کان ئیحتیمالی به‌هێز هه‌یه له‌ســـه‌ر ئه‌وه که ئه‌م ئایه‌ته ناوه‌رۆکی قسه‌ی پیاوه موسوڵمانه‌که‌ی گه‌لی فیرعـه‌ون

بێ‌و کۆتایی ئامۆژگاری‌و ڕێنومایییەکەی ئەو بێ • وە هەڵیش‌ئەگرێ کـــە هەر (استئناف) بێ لە لایەنی خوداوە بۆ بەیانی حاڵی ئەو کافرانە •

(وَقَالَ فِرْعَوْنُ : يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحاً ، لَعَلِّي أَبْلُغُ الأَسْبَابَ (٣٦) أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ ، فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى ، وَإِنِّي لأَظُنُّهُ كَاذِباً . وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ ، وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ ، وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلاَّ فِي تَبَابٍ) (٣٧)

وە فیرعەون فەرمانی دا بە هامان ، کە وەزیری گەورەی بوو ، وتی : ئەی هامان قەڵایەکی بەرزم بۆ دروست بکە ، وەها کە لە جیهانەوە دیـــار بێ ، بە هیوای ئەوەم بگەم بە زانستی هەواڵی ئەو ئەستێرانە لە ئاسمانا کـە دەلالەت ئەکەن لەسەر کارەســـات‌و ڕووداوەکانی دنیا ، تـا بـە هۆی ئەو زانستەوە ئاگاداری کردارو کاروباری خودای موسا ببم لە ئاسمانا ، ئەگەر ببێ ، بزانم هەیە یا نیە ، وە ئەگەر هەیە بزانم موسای کردوە بە ڕەهبەر بـۆ پێشەوایی ئینسان لەم چەرخەدا ، یاخود لە خۆیەوە بە درۆ قسە ئەکا ؟ جا بەم شێوە لەبەر دڵی فیرعەونا کردەوە نابارەکانی جوان کرابوو لە ڕێگەی حەق مەنع کرابوو • وە فڕوفێڵی فیرعەون زیانکاری نەبێ بۆ خۆیی‌و پەیڕەوەکانی هیچ ئەنجامێ تری نەبوو •

وا دیارە لەو چەرخەدا بتپەرستی‌و ئەســـــتێرەناسی‌و ئیستیدلال بـە ئاڵوگۆڕی ئەستێرە لەسەر کارەساتی دنیا زۆر بوە ، بۆیە فیرعەونیش بـۆ خۆی ویستویەتی ئەو ڕێگە بەکار بێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی • وە یاخود گومانی وا بردوە کە خودای موسا مادەیەکە وا لـە ئـاسـمانـاو ویستویەتی پێی بگاو تێی بگا •

(وقالَ الَّذي آمَنَ : يا قَوْمِ ! اتَّبِعُوني أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشادِ (٣٨) يا قَوْمِ : إِنَّما هذِهِ الْحَياةُ الدُّنْيا مَتاعٌ ، وإِنَّ الآخِرَةَ هِيَ دارُ الْقَرارِ (٣٩) مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا ، ومَنْ عَمِلَ صالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثى وهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولائِكَ يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيها بِغَيْرِ حِسابٍ) (٤٠)

وە ئەو پیاوە خاوەن باوەڕە کە لە گەلی فیرعەون بوو وتی : ئەی گەلی من ! شوێن من بکەون با ڕێگەی گەیشتن بە مەقسوودی شەرعی راستان نیشان بدەم • ئەی گەلی من ئەم ژیانی دنیایە هۆی رابواردنی کاتییە ، پاشەڕۆژو شوێنی موسوڵمانان لە پاشەڕۆژا خانووی ئارامگای هەتاهەتایە • جا هەرکەسێ لەم دنیادا کردەوەی خراپ بکا هەر بە گوێرەی کردەوەکەی خۆی تۆڵەی لێ ئەسێنرێتەوە ، ئیتر دووقات و سێ قاتی لێ ناسێنرێتەوە ، وە هەر کەسێ کردەوەی باش بکا نێرینە بێ یا مێینە بێ ـ مادام خاوەن باوەڕ بێ ـ ئەوە ئەوانە ئەچنە بەهەشت و رۆزییان لەوێدا بە ئارەزووی خۆیان پێ ئەدرێ ، بە بێ ئەوە کە میزانی بە قەی کردەوەکەی بێ • واتە یەك بەدەو حەوصەد هەزار ئاسانە لە بۆ پاشای کەرەمکار •

(ويا قَوْمِ ! ما لِي أَدْعُوكُمْ إِلى النَّجاةِ وتَدْعُونَنِي إِلى النَّارِ ؟ (٤١) تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِاللهِ وأُشْرِكَ بِهِ ما لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ ، وأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلى العَزِيزِ الْغَفَّارِ (٤٢) لا جَرَمَ أَنَّما تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيا ولا فِي الآخِرَةِ ، وأَنَّ مَرَدَّنَا إِلى اللهِ ، وأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحابُ النَّارِ (٤٣) فَسَتَذْكُرُونَ ما أَقُولُ لَكُمْ ، وأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلى اللهِ ، إِنَّ اللهَ

بَصِیرٌ بِالعِبَادِ (٤٤) فَوَقَاهُ اللهُ سَیِّئَاتِ مَا مَکَرُوا ، وحَاقَ بِآلِ فِرعَونَ سُوءُ العَذَابِ : (٤٥) النَّارُ یُعرَضُونَ عَلَیهَا غُدُوّاً وعَشِیّاً ، ویَومَ تَقُومُ السَّاعَةُ اَدخِلُوا آلَ فِرعَونَ اَشَدَّ العَذَابِ) (٤٦)

وە یارۆی خاوەن ئیمان بانگی کردن وتی : ئەی گەلی من – من چ زیانێ ئەکەم کە ئێوە بانگ ئەکەم بۆ رزگاریو ئێوە چ قازانجێ ئەکەن من بانگ ئەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ ؟ واتە بۆ کوفرو ئەنجامی دۆزەخ ، ئێوە من بانگ ئەکەن بۆ ئەوە کوفری خودا بکەمو بکەم بە شەریكو هاوڕێی کەسانێ کە من زانستم نیە بەوە کە ئەوان قابیلیەتی هیچیان بێ لە گەورەییو، من ئێوە بانگ ئەکەم بۆ لای خودایێ خاوەن عیزەتو تاوانبەخشە •

وە هیچ لادان لەم واتە راستە نیە کە من بەیانی ئەکەم ئەوەیش ئەوەیە کە ئەوەی ئێوە من بانگ ئەکەن بۆ پەرستیاری هیچ مەجالی دەعوەتو عیبادەتو عیزەتی نیە نە لە دنیاداو نە لە قیامەتا ، وە هەموو گەڕانەوەمان بۆ لای خودایە ، وە ئەوانە کە زۆر یاخیو لەحەقلادەرن وان لە ناو ئاگراو هەرگیز لێی جیانابنەوە •

وە لەمەولا کاتێ سزای قیامەتتان چاوپێکەوت بیری ئەم قسانی منە ئەکەنەوە ، ئیستە من هەموو کارێکی خۆم حەوالەی خودا ئەکەم ، بە راستی خودا بینایە بە هەموو بەندەکانی •

جا خودا پیاوە خاوەن باوەڕەکەی لە فڕو فێلی فیرعەون پاراست • یاخود حەزرەتی موسای لە مەکری فیرعەون پاراست ، وە تاقمەی فیرعەونیش سزا ئەدرێن بە چ سزایێ ؟! سزایەکی زۆر نابار بەم شێوە کە بەیانیو ئێوارە رائەنوێنرێن بە سەر ئاگرداو ، لە رۆژی قیامەتیشا

فریشتەی بەرپرسیاری سزا بانگ ئەکرێو پێی ئەوترێ : گەلی فیرعەون ، واتە خۆیو دەستەو بەستەی بخەنە ناو سزایەکی زۆر سەختەوە ، بە جۆرێ لە هەموو سزاکان بەتینتر بێ •

(وَاِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ ، فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : اِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعاً ، فَهَلْ اَنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا نَصِيباً مِنَ النَّارِ ؟ (٤٧) قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا : اِنَّا كُلٌّ فِيهَا ، اِنَّ اللهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ) (٤٨)

باسی ئەوە بکە کە تاقمە بێدەستو نەداراکانی دنیا لە کافران بە گەورەو زۆردارەکانیان ئەڵێن ، کاتێ هەموویان لە دۆزەخدان : ئێمە پەیڕەوو دەستەو دائیرەی ئێوە بووین ، ئایا ئێوە ئەمڕۆ شتێ لەو ئاگری دۆزەخەمان لەسەر لائەدەن ؟ جا گەورەکان بەو بێ دەستانە ئەڵێن : ئێمە هەموومان واین لە ناو ئاگری دۆزەخدا • بە راستی خودا فەرمانی داوەو بڕیاری تۆڵەو پاداشی بۆ بەندەکانی خۆی داوەو هەموو شتێ بڕاوەتەوە •

(وقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ : ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْماً مِنَ العَذَابِ (٤٩)، قَالُوا: اَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ ؟ قَالُوا : بَلَى ، قَالُوا : فَادْعُوا ! وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ اِلاَّ فِي ضَلاَلٍ) (٥٠)

وە لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسانە وان لە ناو ئاگری دۆزەخا بە دەرگاوانو بەرپرسیارەکانی دۆزەخ ئەڵێن : داوا لە خودا بکەن بەڵکو رۆژێ سزامان لەسەر لا بیا ! ئەوانیش لە وەڵاما پێیان ئەڵێن : ئەوە نەبوو پێغەمەرەکان هاتن بۆ لاتانو موعجیزەی خۆیان نیشاندانو ئێوە باوەڕتان پێ نەکردن ؟

ئەوانیش ئەڵێن : بەڕێ وەڵڵا ڕاست وابوو • جا دەرگاوانەکان پێیان ئەڵێن : دە هەر دۆعا بکەن و بپاڕێنەوە بە بێ سوود ! دۆعاو پاڕانەوەی کافـــران سوودو نرخی نیەو لە سزا ڕزگار نابن •

(إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ (٥١) يَوْمَ لَا يَنْفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ ، وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ ، وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ) (٥٢)

ئێمە یارمەتی پێغەمەرەکانی خۆمان و خاوەن باوەڕەکان ئەدەین لـــە ماوەی ژیانی دنیادا بە حوججەت و گەیشتن بە مەبەست ، هەروا لە ڕۆژێکا کە شایەتەکان ڕائەوەستێنرێن بۆ شایەتی‌دان لەسەر تاوانباران ، لەو ڕۆژەدا کە سوود نادا بە ستەمکارەکان هەرچی بیانووی بیهێننەوەو لەعنەت و دووری لە ڕەحمەت بۆ ئەوانەو ، قەرارگای بێ ئارامیش هەر بۆ ئەوانە •

(وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَى ، وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ (٥٣) هُدًى وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (٥٤) فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ . وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ ، وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ) (٥٥)

ئێمە شتێکی وەهامان دا بە موسا کە ببێ بە هۆی شارەزایی و چـاوو دڵ ڕووناکی ئەوانە کە دڵیان لەســــەر حەقە • وە کیتـــابی ئاســـمانی ـ تەورات ـ مان هێشتەوە پشت لە دوای پشت لە ناو پێغەمەرەکانا ، یا چین لە دوای چین لە ئومەتەکەدا بە حاڵێ کە بوو بە هۆی شارەزابوونیان بـۆ ئەحکامی دین و بە ئامۆژگاری و ڕێنومایی بۆ شــــوێنکەوتوانی دینەکەیان لەوانە کە خاوەنی عەقڵ و هۆشی ساغن •

جا تۆ ئەی پێغەمەری خۆشەویست خۆت بگرە لەسەر ئازاری ئەو کافرانە . بە راستی ئەو بەڵێنە کە خودا داویەتی بە تۆ بۆ یارمەتیدانت راستەو دێتە جێگە ، وە داوای چاوپۆشی بکە لە خودای میهرەبان لەسەر ئەو شتانە کە بە (خلاف الاولی) بەسەر تۆدا هاتوونو ، تەسبیحی خودای خۆت بکە لەگەڵ سوپاسو ستایشیدا لە ئێوارانو بەیانیاندا بە تایبەتی . یاخود ئەم تەعبیرە کینایەیە لە دەوامدان بە تەسبیحو ستایشی خودای تەعالا لە هەموو کاتێکدا . بەم مەعنایە بە قەی هەناسەدانێ خودای لە یاد نەچێو ، لە موراقەبەی ئەو بێئاگا نەبێ ؛ چونکە :

پایەی رەهبەران ئەوەندە بەرزە
نابێ سێبەریان بدا لەم عەرزە

(إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِنْ فِي صُدُورِهِمْ إِلاَّ كِبْرٌ مَا هُمْ بِبَالِغِيهِ ،فَاسْتَعِذْ بِاللهِ ، إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (٥٦) لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ ،وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ) (٥٧)

ئەو کەسانە کە موجادەلە لە ئایاتی خودادا دەکەن بە بێ ئەوە بەڵگەیەکیان دەستکەوتبێو پێیان گەیشتبێ ، ئەوانە دڵیان فیزو خۆ بەزل گرتنێکی ناباری نارەوا نەبێ هیچی تری تێدا نیە ، کە لە واقیعا ئەوان ناگەن بە پایەی ئەو فیزەو خۆیان بە هەوا داوای ئەکەن ، کە وابێ ئەوانە ئەهلی هەوانو شوێنکەوتووی شەیتاننو ، تۆیش پەنا بگرە بە خودا لە شەڕی ئەو شەیاطینە خاوەن دەمارانە ، بە راستی خودا هەموو قسەیێ ئەبیسێو هەموو شتێ ئەبینێ .

بێگومان دروستکردنی ئاسمانو زەوی لە دروستکردنی ئادەمیـــــزاد گەورەترە ، کە وابێ کەسێ بتوانێ ئاسمانو زەوی دروســـت بکا ئەتوانێ ئادەمیزادیش زیندووبکاتەوەو دروستیبکاتەوە بۆ پاشەڕۆژ • ئیتر بـۆچی موجادەلـــە ئەکـــەن لـە ئایەتەکـانی زینـــدووبوونـــەوەو گردکردنەوەو لێپرسینەوەی عالەمدا ؟

وە یاخود دروستکردنی ئاسمانو زەوی لە دروستکردنی ئینســـــان گەورەترە ، هەزار جار فیزو دەمار بخاتە مێشـــکیەوە بە هیچ ناچێو نرخی نیە ، ئیتر بۆچی وا خۆی زل ئەکاو بە فیزەوە رائەبوێرێ ؟ ئەمە کە بەیانمان کرد شـــتێکی دیاریە بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەوەندە پەردەی عەنـاد وا بەسەر دڵیانەوە لە حەق حاڵی نابن •

(وما يَسْتَوِي الاَعْمى والبَصِيرُ ، والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ، ولا المُسِيءُ ، قَلِيلاً مَّا تَتَذَكَّرُونَ) (٥٨)

کوێرو چاوساغ وەکو یەك نین ، هەروەها ئەوانەی خاوەنی باوەڕنو کردەوەی باشیانکردوە لەگەڵ بەدکارو بەدڕەوشت جیانو دوورن لە یەك ، ئێوە کەمێ جار بیر ئەکەنەوە •

(اِنَّ السَّاعَةَ لآتِيَةٌ لا رَيْبَ فِيها ، ولكِنَّ اَكْثَرَ النَّاسِ لا يُؤْمِنُونَ) (٥٩)

بێگومان قیامەت دێتو هیچ گومان لە هاتنەکەیدا نیە ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەم راستیە نازانن ، باوەڕیان پێی نیە •

(وقالَ رَبُّكُمُ : ادْعُونِي اَسْـــتَجِبْ لَكُمْ ، اِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبادَتِي سَيَدْخُلونَ جَهَنَّم دَاخِرِينَ) (٦٠)

بزانن پەروەردگاری ئێوە فەرموویەتی : ئێوە من بانگ بکەن‌و منیش بە دەنگتانەوە دێم‌و پاداشی چاکتان ئەدەمەوە ، کەچی بازێ کەس خۆیان بێ عەقڵ ئەکەن‌و خۆیان بە گەورە ئەگرن لە عاستی بەندەیی خودادا • وە منیش بە تۆ ئەڵێم : ئەو کەسانە کە خۆیان بە زل ئەزانن لە عاستی بەندەیی مندا ئەبێ لەمەولا مل دانەوێنن‌و بە داماوی بچنە ناو دۆزەخەوە •

(اللّهُ الّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ ، والنَّهارَ مُبْصِراً . إنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلى النَّاسِ ، ولكِنَّ أكْثَرَ النَّاسِ لا يَشْكُرُونَ) (٦١)

خودا ئەو کەسەیە شەوی بۆ ئێوە دروست‌کردوە تا ئارامی تیا بگرن ، وە رۆژیشی کردوە بە شتێکی وا کە چاوتان مادە ئەبینێ تیایا • بە راستی خودای تەعالا خاوەنی زیادە نیعمەتە بەسەر ئێوەو ئادەما ، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسی نیعمەتی خودا ناکەن •

(ذلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ ، خالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ، لا إلهَ إلاّ هُوَ فَأنَّى تُؤْفَكُونَ ؟! (٦٢) كَذلِكَ يُؤْفَكُ الّذِينَ كانُوا بِآياتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ) (٦٣)

ئەو کەسە کە ئەو شتانەی باس‌کران کارو کردەوەی ئەون •• زاتێکە ناوی ئەڵلایەو پەروەردگاری ئێوەیە ، هەموو شتێکی دروست‌کردوەو دروستکەری هەموو شتێکە ، هیچ خودایێ نیە ئەو نەبێ ، دەی چۆن لائەدەن . یا لاتان پێ‌ئەدرێ لە بەندەیی خودا ؟! ئەوانەی کە سەرپێچییان لە فەرمانی خودا ئەکردو ئینکاری ئایاتی خودایان ئەکرد بەو شێوە لائەدرێن •

﴿ اللهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ قَراراً ، والسَّماءَ بِنَاءً ، وصَوَّرَكُمْ ؛ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ، ورَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ، ذلِكُمُ اللهُ رَبُّكُمْ ، فَتَبَارَكَ اللهُ رَبُّ العَالَمِينَ (٦٤) هُوَ الحَيُّ لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ ، فادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ ؛ الحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ العَالَمِينَ (٦٥) قُلْ : إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لَمَّا جاءَنِيَ البَيِّنَاتُ مِنْ رَبِّي ، وأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ العَالَمِينَ ﴾ (٦٦)

خودا ئەو خودایە کە زەوی کردوە بە قەرارگاو نیشتەجاگا بۆ ئێوە ، وە ئاسمانی کردوە بە بیناو خەیمەگاو ، پەیکەری بۆ کردوون بە شێوەی ئینسانیو پەیکەرەکەی جوان دروستکردوونو ، رۆزی ئێوەی داوە لەو شتە خۆشخواردەمەنییانە ، ئەمانە ئیشی خودای پەروەردگاری ئێوەن ، ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە زۆر گەورەو بالآدەستە .

خودا زیندوە بە زاتو ، هیچ پەرستیارو پەروەردگارێ نیە بە حەق ئەو نەبێ ، دەی بانگی بکەنو بەندەیی بۆ بکەنو لێی بپارێنەوەو ، دینو کردەوەی خۆتان پاکو پاڵفتە بکەن بۆ ئەوو بۆ فەرمانی ئەوو لەبەر رەزای ئەوو بەس ، سوپاسو ستایش هەمووی بۆ خودای پەروەردگارە ؛ پەروەردگاری هەموو جیهانو ئەوەی لە جیهانایە .

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو : من نەهیم لێکراوە کە بەندەیی بۆ ئەو شتانە بکەم کە ئێوە بەندەییان بۆ ئەکەنو بێجگە لە خودا بانگیان ئەکەن لە کاتێکا موعجیزەو ئایەتی قورئانی پیرۆزم بۆ هاتوە ، هەروەها فەرمانم پێدراوە بەندەیی بکەمو ملکەچ بکەم بۆ پەروەردگاری جیهان .

(هو الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ، ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ، ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ، ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ، ثُمَّ لِتَبْلُغُوا اَشُدَّكُمْ ، ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخاً ، ومِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى مِنْ قَبْلُ ، ولِتَبْلُغُوا اَجَلاً مُسَمّىً ، وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٦٧) هو الَّذِي يُحْيِي وِيُمِيتُ ، فَإِذَا قَضى اَمْراً فَإِنَّما يَقُولُ لَهُ : كُنْ ! فَيَكُونْ) (٦٨)

ئەو خودایە کە ئێمە ئەیپەرستینو داوا ئەکەین ئێوەیش پەرستیاری بن ئێوەی لە گڵ دروستکردوە ، بە ئیعتیباری باوکی هەموومان ئادەم ، دوای ئەوە حەوای لە پەراسووی ئادەم دروست کرد • دوای ئەوە نەوەکـــانی دروستکردوە لە پێشدا لە تۆوی باوكو دایك ، ئەوسا ئەو تۆوە بوە بـــە پارچەیێ خوێن ، ئەوسا پاش ماوەیێ کە دروستبوون لە سکی دایکدا خودا دەری کردوونەتە دەرەوە بە منداڵیو مەلۆتکەیی ، پاش ئەوە بەخێـــوی کردوون تا بوون بە ئینسانێکی پاڵەوانو گەیشتوون بە هێزو توانایی خۆتان، پاش ئەوە هێشتوونیەتیەوە تا پیربوونو لاوازو لێکەوتە بوون ، وایش ئەبێ هەندێکتان پێش ئەو تەمەنە ئەمرن ، هەموو ئەم کەمو زۆرە بۆ ئەوەیە بگەن بە وادەی ناوبراوو دیاریکراو بۆ ئەوە لە کردارو تەوانایی خۆتان بگەن لـە ماوەی ژیانتانا •

وە هەر خودایە مردنو زیندووبوونەوە ئەکاتو ، کێ خۆی بیـــەوێ ئەیمرێنێو کێ بیەوێ ئەیژیێنێ ، جا هەر کاتێ ویستیو فەرمانی دا بە کردنی شتێ هەر ئەوەندەی ئەوێ بفەرموێ : ببە ! ئیتر ئەو شتە کە فەرمانی پێدراوە ئەبێ •

(أَلَمْ تَرَ إِلى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ ؟ (٦٩) الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ! (٧٠) إِذِ الأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ (٧١) فِي الْحَمِيمِ ، ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ (٧٢) ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ : أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تُشْرِكُونَ (٧٣) مِنْ دُونِ اللهِ ؟ قَالُوا : ضَلُّوا عَنَّا ! بَلْ لَمْ نَكُنْ نَدْعُوا مِنْ قَبْلُ شَيْئاً ، كَذلِكَ يُضِلُّ اللهُ الْكَافِرِينَ (٧٤) ذَلِكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ ، وَبِمَا كُنْتُمْ تَمْرَحُونَ (٧٥) ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا . فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ (٧٦) فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ . فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ ، أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ) (٧٧)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئایا تۆناڕوانی بۆ ئەو کافرانە کە موجادەلە ئەکەن بۆ بەرپەرچدانەوەو دانەدواوەی ئایاتی خودا ! ئەوە چۆن لائەدرێن لە باوەڕ بەو ئایەتە رووناکە بەرزانە کە پێویستی سەرشانی ئینسانی عاقڵە باوەڕیان پێ بکا ؟ وە ئەوانە کە موجادەلە لە ئایەتەکانی خودادا ئەکەن کەسانێکن کە ئەو ئایەتانە بۆ تۆ هاتوون کە قورئانەو کتێبەکانی پێغەمەرەکانی پێش تۆشیان بەدرۆخستوەتەوەو ، ئەمە پیشەی کۆنیانە . جا لەمەولا تێ ئەگەن ! کاتێ کۆتو زنجیر ئەخرێتە گەردنیانو لەناو ئاوی گەرمی کوڵبەکوڵدا رائەکێشرێن ، جا پاش ئەوە لە ئاگردا ئەسووتێنرێن ، پاش ئەمانە پێیان ئەوترێ : ئەوە ئەوانەی کە بە هاوبەشی خوداتان ئەزانینو

کردبووتانن به دۆستی خۆتان له کوێن ؟ بۆ دیـــارنین یارمه‌تیتان بـده‌ن ؟ ئه‌وانیش له وه‌ڵامدا ئه‌ڵێن : ئه‌وانه‌مان لیٚ گوم بوو ! زیاد له‌وه بۆمــــــان ده‌رکه‌وت که ئێمه له‌مه‌وپێش نه‌فـامو نـه‌زان بووین‌و ، هیچ کـه‌س‌و هیچ شتێکی به‌سوودمان بانگ نه‌کردوه‌و نه‌مان‌ناسیوه ؛ چونکه ئه‌وانه‌ی کـــــه بانگ ئه‌کران له گیانی خۆیانا هیچ نه‌بوون • جـا ئاوه‌ها خــودا کافـره به‌دکرده‌وه‌کان گومڕا ئه‌کا •

وه ئه‌م کاره‌ساتی ڕۆژی قیامه‌ت‌و سزای دۆزه‌خه له‌وه‌وه په‌یدا بوو که له دنیادا به ناحه‌ق شادمانیتان ئه‌کردو به گاڵته‌و رابواردنی بیٚ بایه‌خ لـــه زه‌ویدا ئه‌ژیان‌و کاتی به‌نرختان بـه بـه‌نده‌یی بت‌و دارو به‌رده‌وه خـــه‌رج ئه‌کرد • جا له ڕۆژی قیامه‌تا پێیان ده‌وترێ : ده‌ی بچنه ناو دۆزه‌خه‌وه لـه‌و ده‌رگایانه‌وه که بۆتان کراوه‌ته‌وه ؛ هه‌رکه‌س بـه گوێره‌ی کـارو کرده‌وه‌ی به‌دی خۆی شوێن‌و جێگه‌ی تایبـه‌تی خۆی بۆ بڕیار دراوه • کـــه ئه‌چنـه دۆزه‌خه‌وه ئه‌وه بزانن‌و با دڵتان یه‌کلا بێته‌وه که هه‌تا هه‌تایه له دۆزه‌خـــدا ئه‌مێننه‌وه • وه شوێن‌و مه‌ڵبه‌ندی ئه‌وانه که خۆیان به زل ئه‌گرت‌و فیـــزو ده‌ماریان ئه‌کرد جێگه‌یه‌کی زۆر خراپ‌و ناهه‌مواره •

ئه‌ی خۆشه‌ویست خۆت بگره له‌به‌ر ئازاری وتـارو کـــرداری ئـه‌و کافرانه‌دا ، به ڕاستی به‌ڵێنی خودا به یارمه‌تی تۆو به له‌ناوبردنی ئه‌وان لـــه دنیاداو ، به به‌هه‌شت بۆ تۆو په‌یڕه‌وانی تۆو به دۆزه‌خ بۆ ئه‌وان‌و هاوبابه‌ت‌و هاو وێنه‌یان ڕاسته‌و جێگه‌ی گومان نیه •

جا یا بازێ له‌و کارانه که به‌ڵێنم داوه به هه‌ردوو لا نیشـــــــــانت ئه‌ده‌ین ، وه یا خــود ڕۆحی پیرۆزت وه‌رئه‌گرین‌و ئه‌وانیش بـــۆ کـــوێ ده‌رئه‌چن ؟ هه‌موویان بۆ لای ئێمه ئه‌گه‌ڕێنه‌وه •

زەرِە لـە عەرزا یـا لـە ئاسـمان
یاخود لـە بێخی دەریـای بێ‌سامان
ئەمێنێتـەوە لـە بـارەگـادا
لـەبـەر قـودرەتی زاتی خـودادا

(ولَقَدْ أرْسَلْنا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ ، مِنْهُمْ مَنْ قَصَصْنا عَلَيْكَ ، ومِنْهُمْ مَنْ لَمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ . وما كانَ لِرَسولٍ أنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إلاَّ بِإذْنِ اللهِ ، فَإذا جاءَ أمْرُ اللهِ قُضِيَ بِالْحَقِّ ، وخَسِرَ هُنالِكَ المُبْطِلُونَ) (٧٨)

وە بە راستی لە پێش تۆدا چەن پێغەمەرمان رەوانەکرد ، هەندێ لـەو پێغەمەرانەم بۆ تۆ باس‌کردوە ، وە هەیشیانە بۆم باس نەکردووی ، وە هیچ یەکێ لەو پێغەمەرانە نەیتوانیوە ئایەتێ بێنێ‌و بیخوێنێتەوە بـە ئیزنی خودا نەبێ . جا کاتێ فەرمانی خودا هات بە سزا بۆ یەکێ یا بۆ کۆمەڵێ لە دنیادا یا لە قیامەتا ئەوە ئەو سزا جێ‌بەجێ ئەکرێ‌و هەرکەسێ خاوەن عەقیـدەی نارِەوا بووبێ لەوێدا دەرئەکەوێ کە زیانی کردوە .

(اللهُ الَّذي جَعَلَ لَكُمْ الأنْعامَ لِتَرْكَبُوا مِنْها ، ومِنْها تَأْكُلُونَ (٧٩) ولَكُمْ فِيها مَنافِعُ ، ولِتَبْلُغُوا عَلَيْها حاجَةً فِي صُدُورِكُمْ ، وعَلَيْها وعَلَى الفُلْكِ تُحْمَلُونَ (٨٠) ويُرِيكُمْ آياتِهِ ، فَأيَّ آياتِ اللهِ تُنْكِرُونَ ؟) (٨١)

خودا خودایەکی وایە چوارپێکانی دروست‌کردوە بۆ ئەوەی کـە سواری بازێکیان بین وەکو وشترو ، لە بازێکیشیان بخۆن ، وەکـو بزنو

مەڕو گاو مانگا • وە ئەو چوارپێیانە چەند قازانجێکیان بۆ ئێوە هەیە لـە : نووکو ، موو ، مەڕەزو ، کورکو ، غەیری ئەواونەدا • وە لـە : شیرو ، دۆو ، ماستو ، کەشکو ، رۆن ••• وە دروسمان کردوون بۆ ئەوە بە هۆی ئەوانەوە بگەن بە بازێ نیازی وا کە لە دڵتانایە ، وە بە سواری ئەوانو بـە سواری کەشتی لە وشکانو لە دەریادا ئەڕۆنو هاتوچۆ ئەکەن • وە خودا بەڵگەی گەورەیی خۆیتان پیشان ئەدا • کە وابێ ئێوە ئینکاری کام ئایەت لە ئایەتەکانی خودا ئەکەن ؟

(اَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الاَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ، كَانُوا اَكْثَرَ مِنْهُمْ وَاَشَدَّ قُوَّةً وَآثَاراً فِي الاَرْضِ ، فَمَا اَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ؟ (٨٢) فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِنْدَهُمْ مِنَ الْعِلْمِ ، وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُنَ (٨٣)

فَلَمَّا رَاَوْا بَاْسَنَا قَالُوا : آمَنَّا بِاللهِ وَحْدَهُ ، وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ (٨٤) فَلَمْ يَكُ يَنْفَعُهُمْ اِيمَانُهُمْ لَمَّا رَاَوْا بَاْسَنَا ــ سُنَّةَ اللهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ ، وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ) (٨٥)

ئایا ئەم کافرانە بە زەویدا ناگەڕێن هەتا تەماشـا بکەن کە چۆن بـوە ئەنجامی ئەو کافرانە لە پێش زەمانی ئەمانەدا بوون . کە لە ژمارەدا ئەمـان زۆرتر بوونو ، هێزی داراییو دەســـــتو پایەیان لەمـــان زیاتر بوو ، شوێنەوارو پاشماوەی ساختمانو کۆشکو تەلاریان لەمان فراوانتر بوو ••• کەچی سوودی پێنەدان ئەوەی ئەوان کردبوویانو ئەیانپارازتنو کـەڵـکی نـەبوو •

جا کاتێ پێغەمەرەکانی ئێمە هاتن بۆ لایان ئەو کافرانە شـــــادمانییان دەربڕی بەوەی لە لایانا هەیە لە دارایی‌و حاڵ‌و ماڵ ، تا لە ئەنجاما جـــەزاو قەزای ئەو دینە کە ئەوان گاڵتەیان پێ‌ئەکرد دەوری دان‌و گرتنی •

جا کاتێ بە چاوی خۆیان سزای ئێمەیان بینی وتیان : باوەڕمان بـــە خودای تاق‌و تەنیا هەیەو کوفر ئەکەین بەوانەی کـــە زوو باوەڕمان وابوو هاوبەشی خودان‌و ، حاشا هاوبەشی خودا نەبوون ! بەڵام ئەو باوەڕە کە لەو کاتەدا دەریان‌بڕی هیچ سوودی پێ نەدان ؛ چونکی باوەڕەکە لە کاتێکا بـــو کە سزای ئێمەیان دی‌و باوەڕکردن لە کاتی وادا بێ‌ســـــــوودەو وەختی بەسەرچوە • ئێوە تەماشای ئەو یاسا بکەن کە خودای تەعالا لە چەرخەکانی پێشـــــوەوە دایمەزراندوەو لە ناو بەندەکانیدا رابوردوەو ، لەمـــەولایش هەروایە کە بریتییە لەوە هەرکەس پەیڕەوی رەهبەری کرد رزگـــار بـــوو ، وە هەرکەس لە پێشدا باوەڕی پێ‌نەکردو بەڵام دوایی پەشیمان بووەوە ئەوە چارەسەری ئەکرێ ، وە هەرکەس لەسەر بێ‌باوەڕی مایەوە هەتا ســـزاکەی بەسەردا باری ئەوە ئیتر هەرچی بکا بێ‌سوودە • وە لـــەو پایەی دواییـــەدا کافرە بێ‌باوەڕە بێ‌بارەکان زیانکار ئەمێننەوە !

یاســـــای چەرخی بەرز (ســـــنة الله)یە
کەســـــــێ دایناوە بـــە حـــەق ئاگـــایـــە
قـــەت ئادەمیـــــــزاد بێ رابـــەر نـــاکـــا
نـــەزان‌و زانیـــــــار بـــەرانبـــەر نـــاکـــا
کـــە رەهبـــەری نارد بـــە دەرزی بەســـوود
هەرکەس وەری‌گرت گەیی بـــە مەقســـوود

ئـه‌وه‌ی ئـه‌رکی کـــرد بـه‌ڵام هـاتـه‌وه
به‌شـــی ســـوودی خۆی هـه‌ر ئه‌باتـه‌وه
ئه‌وه‌ی که‌وته ســـــــه‌ر بـاری نابـاری
بـه‌ری بـۆ ده‌رچـــوو لـــه زیـانکـــاری
ئه‌و که‌سه‌ی لـه حه‌ق روو هه‌ڵسـووڕێنێ
دنیـــــــا بـۆ ئـه‌و بێ زوو ئـه‌یسۆڕێنێ
جـا کـاتی نه‌هـــات کـــه که‌وتـه هاوار
لـه ده‌ســتی چه‌رخی گـه‌رمی جه‌فاکـــار
هــه‌زار هـــه‌زار جـــار بپـــاڕێتـه‌وه
ســــــــوودێ لـه بۆ خۆی نادۆزێتـه‌وه
چاره‌ی موشـــکیلات له پێشـــدا ئه‌کـرێ
نه‌خۆش له پێش مه‌رگ ده‌وای بۆ ئه‌برێ
(نامی) بـه فه‌یضی نـاوی خـودای خـۆی
وه‌ری گـرت به‌شـــــــێ دانرابوو بـۆی

سوورەتی (فصلت) لە سوورەتە مەکەییەکانەو ، پەنجـــاو چوار ئایەتەو ، پاش سوورەتی (مؤمن) هاتوەتەخوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(حم (١) تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمانِ الرَّحِيمِ (٢) كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣) بَشِيراً وَنَذِيراً ، فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لا يَسْمَعُونَ) (٤)

واتە ئەم سوورەتە (حامیم)ەو لـە لایـەنی خودایەکـەوە نێرراوەتـە خوارەوە کە میهرەبانە لە دنیاو قیامەتداو هەمیشە بۆ مەصلەحەتی دنیـــاو قیامەت کیفایەت ئەکا .

وە ئەمە کە نێرراوەتە خوارەوە کتێبێکە ئایەتەکانی لەیەك جیاکراونەتەوە لە بابەتی لەفزەوەو لە بابەتی مەعنایشـــەوە ، هەندێکیان بەڵێنی خۆش‌و ، هەندێکیان هەڕەشەیەو . هەندێکی تریان تەوانایی خودا دەرئەخاو ، بـازێ تریان باسی پێغەمەر ئەکا . وە ئەم نێرراوە قورئانێك‌و خوێنراوەیەکە بـە زمانی عەرەبی هاتوەتە خوارەوە بۆ گەلێ کە عەرەبی ئەزانن . هـــــەروا موژدەدەرو خەڵك‌ترسێنە . وە ئەو کافرانە زۆربەیان لایان‌داو سەرپێچیان کرد لە ڕەفتارپێکردنی جا ئەوانە گۆیا نین‌و نابیسن .

(وقالُوا : قُلوبُنَا فِي اَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا اِلَيْهِ ، وفِي آذانِنَا وَقْرٌ ، ومِنْ بَيْنِنَا وبَيْنِكَ حِجَابٌ . فَاعْمَلْ اِنَّنَا عامِلُونَ) (٥)

وە ئەو کافـــرە لاداوانە وتیان : دڵمان وا لە پەردەیەکی وادا نایەڵێ ئەوە ببیسین کە تۆ بانگمان ئەکەی بۆی ، وەکو باسی خودابەیەکناسیو باسی پێغەمەرایەتی ئەو پێغەمەرانە کە راستن • وە گوێچکەمان کەڕەو کـــەڕی تێدایەو لە نێوان ئێمەو ئێوەدا پەردە هەیە • واتە پەردەیێ کە نایەڵێ دەرزی تۆ بگا بـە ئێمە • دەی تۆ بڕۆ ئیش بکەو خـەریکی کاری خۆت بـە ، تـۆ شەوو رۆژ هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەو ئایینەت بێ کـــە هێناوتە بۆ ئێمە ، ئێمەیش لە ئاوەدانیدا کارو کۆشش بۆ ئێوە ئەکەین •

(قُلْ : اِنَّما اَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحى اِلَيَّ اَنَّما اِلهُكُمْ اِلهٌ واحِدٌ ، فاسْتَقِيمُوا اِلَيْهِ واسْتَغْفِرُوهُ ، ووَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ (٦) الَّذِينَ لا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ . وهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كافِرُونَ) (٧)

ئەی خۆشەویست بفەرموو : من هیچ نیم ئەوە نەبێ ئادەمیزادێکم لـە لای خوداوە وەحیم بۆ دێ کە خوداو پەرستیار بۆ ئێوە نیە ئەو خودا نەبێ کە تاقو تەنیایە ، دەی رێك بن لەسەر رووکردن بۆ لای ئەوو داوای پۆشینی تاوانی لێ بکەن • وە (وەیل) کە شوێنێکی شوومی تایبەتییە لە دۆزەخدا ، یا بە مەعنای هاوارە •• بۆ ئەو کافرانە کە سەرەڕای کوفرەکەیان زەکـــاتی ماڵیان نادەن بە گەداو بێنەواکان لە بەر دڵڕەشیو نامیهرەبانییان ، وە ئەوانە باوەڕیان بە پاشەڕۆژیش نیە •

لەم ئایەتانەو وێنەی ئەمانەوە دەرئەکەوێ کە کافر (مکلف)ن بە فەرعەکانی ئەحکام وەکو نوێژو رۆژوو زەکاتو حەج ، نەك لەسەر بناغەی ئەوە کە ئەمانە لە کاتی کوفردا بەجێبێنن ، بەڵکو لەبەر ئەوە کە لەسەریانە ئیمان بێنن ، جا دوای ئیمانو باوەڕ ئەمانە بەجێبێنن •

(اِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ اَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ) (٨)

ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بە خودای تەنیاو تاك کردوەو کردەوەی باشیان کردوە لە (واجبات)و (مستحبات) ئەوانە لە رۆژی خۆیدا پاداشێکی نەبڕاوەیان هەیە •

(قُلْ أَإِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ ، وتَجْعَلُونَ لَهُ اَنْدَاداً ؟ ذلِكَ رَبُّ العَالَمِينَ (٩) وجَعَلَ فِيها رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِها ، وبَارَكَ فِيها ، وقَدَّرَ فِيها اَقْوَاتَها فِي أَرْبَعَةِ اَيَّامٍ ، سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ (١٠) ثُمَّ اسْتَوَى اِلى السَّماءِ ـ وهِيَ دُخَانٌ ـ فقَالَ لَها ولِلأَرْضِ : ائْتِيا طَوْعاً اَوْ كَرْهاً : قَالَتَا : اَتَيْنَا طائِعِينَ (١١) فَقَضاهُنَّ سَبْعَ سماواتٍ فِي يَوْمَيْنِ ، وأَوْحى فِي كُلِّ سَمَاءٍ اَمْرَهَا ، وزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيا بِمَصَابِيحَ وحِفْظاً ، ذلِكَ تَقْدِيرُ العَزِيزِ العَلِيمِ) (١٢)

تۆ بفەرموو بەو کافرانە : ئایا ئەوەندە بێهەستو نەفامن ئینکاری بوونی ئەو پەروەردگارە ئەکەن کە لە دوو رۆژدا زەوی دروستکردوەو ، ئەچن دوژمنو وێنەی بۆ بڕیار ئەدەن بە درۆو ئەو خودایە پەروەردگاری هەموو عالەمە • وە لە ناو ئەو زەویەدا چەن کێوێکی بەرزی دروستکردو

پیرۆزی هاویتە سەر ئەو کێوانە لە : هەڵگرتنی بەفرو بارانی زۆرو ، رواندنی جۆرەها گیاو گوڵو دارو درەختو ، دەرکردنی گەلێ شتی زەوی کە بۆ خـواردنو ژیوار بشێنو ، لە دروستـکردنی چەشمەو جۆبارو ئـەودوای کانەکان • وە لە هەر زەوییەکدا ژیواری ئەوانەی دیاری‌کردو بڕیاری دا کە تیایا ئەژین ، هەموو ئەمانەی لە دوو رۆژا کرد لەگەڵ دوو رۆژە پێشوەکەدا کە ئەکەنە چوار رۆژ •

ئەم ژمارەی رۆژوە دروستـکردنی ئەوزاعی زەوییە بە نیسبەتی هەموو کەسێکەوە پرسـیار بکـا وەکوو یەکـە ؛ چونکی حـەقیقەتەو حەقیقـەت ناگۆڕێ •

جا رووی خواستی خۆی کردە لای بەرزی لە کائینات ، کە بە ئاسمان ناوی ئەبەین ، لەو کاتەدا هەموو شتێکی تاریك بوو وەکوو دووکەڵ ، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا هەتاو دروست نەکرابوو • جا فەرمووی بە ئاسمانو زەوی : بێن بۆ مەیدانی وجوودی خاوەن بەهرەو سوود ! با ئاسمان رۆژو مانگو ئەستێرەکانی بێنە پڕتەودان بە جیهاناو ، زەویو دەریا بێنە سەر هەڵخستنی باو بوخار ، وە با هەور هەستێو باران بڕێژێ بە رووی زەویو سـاراو کێوو کۆسارا • وە با هەموو جۆرە شتێکی بەسوود بێتە وجوود • ئـەم هاتنەتان لەسەر خواستی منە بتانەوێو نەتانەوێ ، پێویستە خواستم تەواو بێتە جێ ، وتیان : ئامادەین فەرمانت هەرچۆن بێ ، وا بە ملکەچی هاتین • جا خودای تەعالا ئاسمانەکانی کرد بە حەوت ئاسمانو حەوت پایە لە ماوەی دوو رۆژی ترا • ئەمە شەش رۆژ • وە لە هەموو ئاسمانێکدا کاری ئـەو ئاسـمانەو پێویستی ئەثیرو ئەستێرەکانی هەموو تەدبیر کـرد ، وە ئـەو ئاسمانەیانمان ـ کـە یەکـەم ئاسمانە بـە نیسبەت دنیاوە ـ جوانکـردو

رازاندمانەوە بە چرای هەڵکراوی عالەمتابی ئەستێران • وە پارازتماندن لە مەوانیعی وجوود ، یا لە شەیاطینی نامەردی نابوود • ئـەم کارە هەمووی تەدبیری پەروەردگارێکە خاوەن عیزەتو خاوەن علیمو زانیاری رەسایە •

جا ئەتوانین لەسەر بیری رووناك بڵێین : بە گوێرەی ظاهیری ئـەم ئایەتە بەرزە پیرۆزە هەرچەن ئەستێرە هەن ، چ نزیكو چ دوور ، هـەتا ئەوانەیشیان کـە ئیستە دۆزراونەتەوەو ئەڵێن بـە ملیۆنها ساڵ بـە تیژی حەرەکەی دەنگ لـە رۆژەوە دوورن •• هەموو ئەمانە وان لـە ئاسمانی یەکەمدا •

(فَإِنْ اَعْرَضُوا ، فَقُلْ : اَنْذَرْتُكُمْ صَاعِقَـــةً مِثْـلَ صَاعِقَةِ عادٍ وثَمُودَ (١٣) اِذْ جـاءَتْهُمُ الرسُـــلُ مِنْ بَيْنِ اَيْدِيهِمْ ومِنْ خَلْفِهِمْ : اَلاَّ تَعْبُدوا اِلاَّ اللهَ . قالُوا : لَوْ شاءَ رَبُّنَا لَاَنْزَلَ مَلائِكَةً . فَإِنَّا بِما اُرْسِلْتُمْ بِهِ كافِرُونَ!) (١٤)

جا ئەگەر لایاندا لە پیستنی ئایاتی خوداو ئیمانیان نەهێنا تۆ پێیان بفەرموو : من ئەتانترسێنم بە داهاتنی تریشقەو بەڵایێ وەکوو ئـەوە کـە بەسەر گەلی عادو ثەموودا هات ، لەو کاتەدا کە پێغەمەرەکان هاتن بۆ لایان لە بەردەمەوەو لە پشتەوە ، واتە بە هەموو جۆرێ • بە خۆشیو ناخۆشیو ، لە هەموو شوێنێکدا ، لـە ماڵەوەو لە دەرەوەو ، لـە هەموو کاتێکدا بـە درێژی ساڵ خەریك بوون بۆ ئەوە ئیمان بێنن • پێیان ئەوتن : لـە خودا بەولاوە بەندەیی بۆ کەس مەکەنو بتپەرستی مەکەن • کەچی ئەوان هـەر بە رەهبەرەکانیان ئەوت : ئەگەر خودا بیویستایێ رێنومایی ئێمە بکـات فریشتەی بۆ ئەناردین نەك ئادەمیزاد ! مادام فریشتەی بۆ نەناردووین ئیتر باوەڕ بەوە ناکەین کە ئێوە بۆتان هێناوین •

(فَأَمَّا عادٌ فاسْتَكْبَرُوا فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الحَقِّ وقالُوا : مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ؟ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ، وكانُوا بِآياتِنا يَجْحَدُونَ ؟! (١٥) فَأَرْسَلْنا عَلَيْهِمْ رِيحاً صَرْصَراً فِي أَيّامٍ نَحِساتٍ ؛ لِنُذِيقَهُمْ عَذابَ الخِزْيِ فِي الحَياةِ الدُّنْيا . ولَعَذابُ الآخِرَةِ أَخْزَى ، وهُمْ لا يُنْصَرُونَ (١٦) وأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْناهُمْ ؛ فَاسْتَحَبُّوا العَمَى عَلَى الهُدَى ، فَأَخَذَتْهُمْ صاعِقَةُ العَذابِ الهُونِ بِما كانُوا يَكْسِبُونَ (١٧) ونَجَّيْنا الَّذِينَ آمَنُوا وكانُوا يَتَّقُونَ) (١٨)

جا بزانن کە قەومی عاد خۆیان بە گەورە دانا لە زەویدا ، وە یا خۆیانیان گەورە کرد لەسەر زەویدا کەس بە نزیکی دەستی بەسەریانا نەئەڕۆیشت ، بەڵام کە خۆیان بە گەورە دائەنا بە ناڕەواو پێچەوانەی واقیع خۆیان وا ئەزانی ؛ چونکی هەر گەلێ کە هۆشیار بێ ئەزانێ هەموو کاتێ مرۆڤ بێ هێزو لاوازە لە بەر هێزو دەسەڵاتی خوداداو ، ڕەوا نیە خۆی بە گەورە بژمێرێ .

وە یاخود کە خۆیان گەورە کرد بەسەر خەڵکا بە کاری ناڕەوا خۆیان گەورە کرد ؛ بە کوشتنی ئادەمیزادو ، داگیرکردنی ماڵو داراییو زەویو ئاوی خەڵکو ، کاری نابار خۆیان گەورە کرد ، نەك لە ڕێگەی ڕەواو کاسبیو بەرهەمهێنانی زەویو ئاوو ماڵی خۆیانەوە .

بە هەر حاڵ .. ئەو گەلە گەیشتنە پایەیێ ئەیانوت : ئەوە کێ لە ئێمە دەسداترو زۆردارترە لە بابەتی هێزی عادەتییەوە ، وەکو ژمارەی تیرەو

به‌ره‌و ، دارایی‌و ، چه‌كو ، ئه‌سبابی جه‌نگ ؟ جا خودای ته‌عالا ده‌مكوتیان ئه‌كاو ئه‌فه‌رموێ : ئایا نازانن كه ئه‌و خودایه ئه‌وانی دروستكردوه له‌وان به‌هێزتره ؟! ئه‌بوو ئه‌وه‌یان بزانیایه • وه له‌گه‌ڵ ئه‌و وتاره ناهه‌مواره‌یشـــا ئینكاری ئایه‌ته‌كانی ئێمه‌یان ئه‌كرد كه به هۆی (هوود)ه‌وه ناردبوومانن •

بۆیه ئێمه‌یش بۆ تۆڵه‌لێسه‌ندنه‌وه‌یان بایه‌كی زۆر ساردمان لـه ماوه‌ی چه‌ند رۆژێكی ناهه‌موارا نارده سه‌ریان • له چوارشه‌مه تا ئه‌و چوار شه‌مه به مانگی (شه‌وال) یا له مانگی (صه‌فه‌ر)دا ، بۆ ئه‌وه كه سزای رسـواییان پێ بچێژم له ژیانی دنیاداو به جۆرێ بیانكوژم كه‌سیان سه‌ر كه‌ســـیانی نه‌په‌رژێ • وه به راستی سزای پاشه‌ڕۆژ زۆرتر هۆی رسواییه ؛ چونكی له دنیادا ئینسان له لای گه‌لێكدا رسوا ئه‌بێ ، به‌ڵام له پاشـــه‌ڕۆژا له لای عاله‌مێ ، وه ئه‌وانه‌یش كـــه ئاوایان لێ ئه‌كرێ بـــه هیچ جۆرێ یـارمه‌تی نادرێـن •

هه‌رچی وه‌كـو گه‌لی ثه‌موودیش ، ئه‌وه بـــه هۆی ره‌وانـــه‌كـردنی (صالح)ه‌وه ـ د ـ بۆ لایان شاره‌زامانكردن بۆ رێگه‌ی حه‌ق كه‌چی ئه‌وان رێگه‌ی كوێری‌و حه‌ق‌نه‌بینییان هه‌ڵبژارد رێگه‌ی راستیان به‌ردا ، ئه‌وانیش تریشقه‌ی هۆی سزای رسواكردن گرتنی به هۆی ئه‌و كاره نابارانه‌وه كـــه كردبوونیان • وه ئه‌وانه كه خاوه‌ن باوه‌ڕ بوون‌و له خودا ترســـــــان ـ له هه‌ردوو گه‌له‌كه ـ هه‌موومان رزگار كردن •

(وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَاءُ اللهِ إِلَى النَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ (١٩) حَتَّى إِذَا مَا جَاؤُهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٢٠)

وقَالُوا لِجُلُودِهِمْ : لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ؟ قَالُوا : أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ ، وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ، وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٢١) وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ ، وَلَكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيراً مِّمَّا تَعْمَلُونَ (٢٢) وَذَلِكُمْ ظَنُّكُمُ الَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَاكُمْ ، فَأَصْبَحْتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ (٢٣) فَإِن يَصْبِرُوا فَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ، وَإِن يَسْتَعْتِبُوا فَمَا هُم مِّنَ الْمُعْتَبِينَ (٢٤) وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ، وَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ، إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ) (٢٥)

باسی ئەو رۆژە بکە کە دوژمنەکانی خودا بانگ‌ئەکرێن‌و کۆ ئەکرێنەوەو بەرودوایان یەك ئەخرێ‌و بەرەو ئاگری دۆزەخ ئەدرێنەبەر ، تا کاتێ دێنە لای ئاگرەکەو دەست ئەکرێ بە سزادانیان کافرەکان ئەڵێن : چیمان کردوە بۆچی وەها سزامان ئەدرێ ؟ جا لەو کاتەدا گوێچکەیان‌و چاویان‌و پێستیان لێیان دێنە زمان‌و شایەتییان پێ ئەدەن لەسەر ئەو کردەوە نابارانە کە کردوونیان • گوێچکە ئەڵێ : ئەو جنێوەو ئەو غەیبەتەم بیست • چاو ئەڵێت : تەماشای ئەو بێگانەم کرد • پێست ئەڵێت : لکام بەو شتە نارەواوە • وە یاخود ئەم حەواسانە شایەتی لەسەر خاوەنەکانیان ئەدەن بەو کردەوانە کردوویانە ، ئەویانە گوت‌و ئەویانە کرد •

جا خاوەنەکانیان بەو ئەندامانە ئەڵێن : ئێوە بۆچی شـــــایەتیمان لێ ئەدەن ؟ ئەوانیش ئەڵێن : ئێمە ناچارین ، ئەو خودایـە کـە هەموو خـاوەن زوبانێ دێنێتە گوفتار ئێمەی هێناوەتە گوفتار ، وە ئەو خودایە کـــە لـە پێشدا دروستی‌کردوون لە دواییشدا بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە •

خۆ کاتی خۆی کە گوناحتان ئەکردو خۆتان دائەپۆشی لە چاوی خەڵك لەبەر ئەوە نەبو کە ترستان بوو گوێتان یا چاوتان یا پێستتان شـایەتیتـان لێ بدەن • بۆیە خۆتان دائەپۆشی گومانتان وەها بوو خودا گەلێ شـــت لە کردەوەکانی ئێوە نازانێ‌و تەنیا دراوســـێکانتان پێتان ئەزانێ‌و ئێوەیش خۆتان لەوانە ئەشاردەوە • وە ئەو گومانتانـە گومانێکی نارەوا بوو بـــە پەروەردگاری زانای خۆتان • ئەو گومانە نارەوایە بوو ئێوەی بەرباد کردو لە ئایین دووری خستنەوەو بوون بە کۆمەڵێکی زیانکاری تاوانبار •

جا ئەگەر لە ناو ئاگرەکەدا خۆیان ئەگرن ئەوە ئاگر شوێن‌و جێگەیانە، وە ئەگەر ئەیانەوێ بۆ دنیا بگەڕێنەوە ئەوە لێیان وەرناگیرێ‌و ناگەڕێنەوە •

وە کـاتی خۆی ئـەم کافرانـــە لەبەر بەدخوویی‌و نەفـامی خۆیـــان‌و پشتهەڵکردنیان لە رەهبەر چەن شەیاطینیم بۆ رێکخســـتبوون کە دەورەی دڵی ئەوانیان دابوو ، جوانیان کردبوو لە پێش چاویانا ئەوەی بوویان‌و لـە بەردەستیانا بوو لەو ئارەزووبازییانە کۆیان ئەکردنـــەوەو ئـەیـانکردن • هەروەها جوانیان کردبوو لە بەرچاویانا ئەو کردەوە نابارانە کە لە داهاتوودا پێیان‌ئەگەن • واتە دڵیان لەسەر ئەوە دامەزرابوو وەکو لـە حاڵی حـــازرا کاری نابار ئەکەن ، لە داهاتوویشدا هەر کاتێ بۆیان رێکەوێ هەر بیکەن • وە بەم بۆنەوە کەلیمەی سزاو بەدبەختی پاشەڕۆژیان لەســـەر دامەزرابوو لەگەڵ چەن گەلێکی ترا لە پێش ئەمانەدا لە دنیادا بوون‌و کردەوەی خراپیان

کردبوو لە پەری و ئادەمی ، واتە ئەم کافرانەیش بوون بە گەلێ لەو گەلە گومڕاهانە کە ئامادەکراون بۆ دۆزەخ • جا بە راستی ئەوانە زیانبارو بەدبەخت بوون •

(وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : لا تَسْمَعُوا لِهذا القُرْآنِ والْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ (٢٦) فَلَنُذِيقَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا عَذَاباً شَدِيداً ، ولَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ الَّذِي كانُوا يَعْمَلُونَ (٢٧) ذلِكَ جَزَاءُ أَعْداءِ اللهِ ، النَّارُ لَهُمْ فِيها دارُ الخُلْدِ جَزَاءً بِما كانُوا بِآياتِنا يَجْحَدُونَ (٢٨) وقالَ الَّذِينَ كَفَرُوا : رَبَّنا أَرِنَا اللَّذَيْنِ أَضَلَّانا مِنَ الجِنِّ والإنْسِ نَجْعَلْهُما تَحْتَ أَقْدامِنا، لِيَكُونا مِنَ الأَسْفَلِينَ) (٢٩)

کافرەکان وتیان : گوێمەگرن لەم قورئانەو لە کاتی خوێندنەوەیا دەنگ بەرز بکەنەوە بە قسەی پووچی عادی بە هیوای ئەوە کە ئێوە زاڵ بن بەسەر قورئانەکەدا • جا بەراستی ئێمە سزایەکی سەختی نابار بەو کافرانە ئەچێژینو تۆڵەیان لێ ئەکەینەوە بە گوێرەی خراپترین کردەوەیێ ئەوان بیکەن • ئەمە جەزای ئەو دوژمنانی خودایە کە ئاگری دۆزەخە • وە ئەو کافرانە لە دۆزەخدا خانووی دەوامدارو هەمیشەییان هەیە ، بۆ ئەوە تۆڵەیان لێبکرێتەوە بە هۆی ئەوەوە کە ئینکاری ئایاتی ئێمەیان ئەکرد •

وە لە رۆژی قیامەتدا کافرەکان ئەڵێن : خودایە ئەو (شیاطین الانس)ە یا ئەو (شیاطین الجن)ە کە لە دنیادا ئێمەیان گومڕا کرد نیشانمان بدە هەتا بیانخەینە ژێر پێمانو باش بیانساوینەوە هەتا بین بە ژێر پێو لە خواری هەموو شتێکەوە بن • واتە پەشیمان ئەبنەوەو هەڕەشە لەو کەسانە ئەکەن کە لە دنیادا گومڕایان کردوون •

(إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا : رَبُّنَا اللهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا ، تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ : أَلاَّ تَخَافُوا وَلاَ تَحْزَنُوا ، وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ ، وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ ، وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١) نُزُلاً مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ) (٣٢)

بێگومان ئەوانەی کە ئەڵێن : پەروەردگاری ئێمە تەنیا ئەو زاتەیە کە ناوی ئەڵلآیەو لەسەر یاسای خودابەیەکناسی ئەڕۆنو لێی لانادەن هەتا ئەمرن ئەوە فریشتەی بەرپرسیاری یارمەتیدانی موسوڵمانان دێن بۆ لایانو پێیان ئەڵێن : مەترسن لەوەی کە دێتە ڕێگەتانو دڵزویریش مەبن بۆ ئەوەی کە بەجێتانهێشتوەو موژدەگیر بن بە گەیشتن بەو بەهەشتە کە لە دنیادا بەڵێنتان پێدرابوو ، وە ئەو فریشتانە پێیان ئەڵێن : ئێمە دۆستانو یارمەتیدەرانی ئێوەین لە ژیانی دونیاتاناو لە پاشەڕۆژیشتانا ، وە بۆ ئێوە هەیە لەو بەهەشتانەدا ئەوەی کە نەفستان ئارەزووی ئەکا • وە بۆ ئێوە هەیە ئەوەی کە داوای ئەکەن ، هەرچەن لە خواردەمەنیش نەبێ ، وە ئەمانە کە بۆ ئێوە هەیە بۆتان ئامادە کراوە وەکو ئەوەی بۆ میوان ئامادە ئەکرێ ، کە **بۆیشتان ئامادەکراوە لە لایەنی خودای میهرەبانەوەیە •**

بزانن ! عەطا ریوایەتی کردوە لە ئیبنوعەباسەوە ـ خ ـ : کە ئەم ئایەتە **لە شانی ئەبو بەکری صەدیقدا هاتوەتەخوارەوە ، کاتێ کافرەکان ئەیانوت : خودای ئێمە ئەڵلآیەو مەلائیکەکان کچی خودانو بتەکان تکاکاری ئێمەن لای خوداو ، لەسەر خودابەیەکناسی نەبوونو هاوبەشو هاوڕێیان بۆ بڕیار ئەدا ، جا حەزرەتی ئەبو بەکر فەرمووی : خودای ئێمە ئەڵلآیە هاوبەشی نیە ، محەمەد ـ د ـ بەندەو پێغەمەری ئەوە •**

وە لە مانای (ثم استقاموا)دا چەن قسەیێ ریوایەتکراوە : ئەبو بەکری صەدیق ـ خ ـ فەرموویەتی : مانای ئەوەیە کە هاوبەش بۆ خـــودا بڕیـار نـەدەن •

وە عومەری کوڕی خەطاب فەرموویەتی : یانی دەوامیان کردوە لەسەر پەیڕەوی فەرمانی خوداو فڕو فێڵیان تێدا نەکردوە •

وە عوثمان فەرموویەتی : یانی ئیخلاصیان بوە لە طاعەتا •

وە عەلی فەرموویەتی : یانی طاعەتی خودایان بەجێ هێناوەو خۆیـــان لە گوناح لاداوە •

وە زانایانی تابیعینو غەیری ئەوان چەن تەفسیری تریان لەم شـــوێنەدا بەیان کردوە ، لە هەموو قسەیێ باوتر ئەمەیە : ئیستیقامەت بریتییە لە دەوام لەسەر عەقیدەو بیروباوەڕی راستو ، لەسەر تەرکی حەرامو کردنی واجب ، خوا ئەم حەرامو واجبە وتار بن یا کردار • لەبەر ئەوە لە ئەنەســـــــــەوە ریوایەتکراوە کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : (هم امتی ورب الكعبـة) واتە ئەو خاوەن ئیستیقامەتانە ئوممەتی منن سوێند بە خودای کەعبە • کـە وابێ مەبەست عادیلانی ئوممەتی حەزرەت بێ ، وە عەدالەت نایەتە جێگە بـە بیرو باوەڕی ساغو وتاری چاکو کردەوەی پاك نەبێ • وە ریوایەت کراوە کاتێ حەزرەتی حەسەن ـ خ ـ ئەم ئایـەتەی ئەخوێنـــدەوە ئەیفەرمـوو : (اللهم أنت ربنا ، فارزقنا الاستقامة) •

ئەمجار با باسی هاتنەخوارەوەی فریشــــــــتەکان بۆ ســــــەر ئەهلی ئیستیقامەت بکەین •

جا ئیبنو زەید فەرموویەتی : ئەم هاتنەخوارەوەی فریشتەو موژدەدانە لە سێ کاتدایە :

١ ـ کاتی مردنی کابرای خاوه‌ن ئیستیقامه‌ت ، وه له‌و کاته‌دا مه‌لائیکه دێن بۆ سه‌ری . یـا بـه ئیلهامی دڵ وه یا له‌گه‌ڵ چاوپێکه‌وتنا پێیان ئه‌ڵێن : نه زویر بین له‌سه‌ر به‌جێهێشتنی ماڵو منداڵو په‌یوه‌ندی دنیاو نه بترسن له ڕووداوی خراپ له‌مه‌ولا .

٢ ـ کاتێ ئه‌خرێته گۆڕه‌وه‌دو خه‌ڵك به‌جێی ئه‌هێڵن . ئه‌و مه‌لائیکه‌تانه دێن بۆ لای پێی ئه‌ڵێن : ئێمه له دنیادا کرده‌وه‌ی تۆمان ئه‌نووسی‌و له گه‌ڵتا بووین‌و ئێسته‌یش موژده‌ت پێ ئه‌ده‌ین بۆ له‌مه‌ولات .

٣ ـ له کاتی زیندووبوونه‌وه‌یانا بۆ حه‌شـــــرو له‌و کاته‌دا ئه‌ڕۆن بۆ مه‌حشه‌ر ئه‌و مه‌لائیکه‌تانه دێن بۆ لایان‌و دڵخۆشـــــییان ئه‌ده‌نه‌وه‌و پێیان ئه‌ڵێن : ئێمه دۆستی ئێوه بووین له دنیاداو ئیمڕۆیش که قیامه‌ته هه‌ر له‌گه‌ڵتا ئه‌بین‌و به‌جێت نایه‌ڵین هه‌تا ئه‌ڕۆیته جێگه‌ی خۆت له به‌هه‌شتا .

وه بازێ فه‌رموویانه : ظاهیر وایه ئه‌م هاتنه‌خواره‌وه‌ی فریشـــــته نه‌به‌ستراوه به‌م سێ کاته‌وه . به‌ڵکوو هاتنه‌خواره‌وه‌یان لـه هه‌مـــوو کاتی ناخۆشی‌و ته‌نگانه‌دایه ، ئیتر هه‌رچۆن ڕێ‌بکه‌وێ‌و ئه‌و کاره‌ساته چۆن بێت به‌سه‌ریانا ؛ به هۆی زیانی نه‌فسی ، یا دارایی ، یا شان‌و پایه ، یا شـــــتی ترەوه ... وه هاتنه‌خواره‌وه‌ی فریشته‌کان به گوێره‌ی حاڵ‌و صـــــیفه‌تی کابرای (مستقیم)ه ؛ وا ئه‌بێ که فریشته‌کان ئه‌بینێ ، وه‌کو کاتێ فریشـــته هاتن بۆ لای عیمرانی کوڕی حصه‌ین که باوه‌و عیمران قســــــه‌ی له‌گه‌ڵا ئه‌کردن . یاخود به شێوه‌ی ئیلهام‌و دڵخۆشکردن بێ ، یاخود به خه‌وبینین بێ ؛ وه‌کو ته‌ماشا ئه‌که‌ین گه‌لێ ئینسانی باش تووشی زیانی گـــه‌وره ئه‌بن که‌چی حاڵیان تێك ناچێ‌و به پێی حاڵ سوپاس‌و ستایشی خودا ئه‌که‌ن .

(ومَنْ اَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا الى اللهِ وعَمِلَ صَالِحاً وقَالَ : اِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ؟ (٣٣) ولا تَسْتَوي الْحَسَنَةُ ولا السَّيِّئَةُ ، ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ اَحْسَنُ ، فإِذَا الَّذي بَيْنَكَ وبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وما يُلَقَّاها اِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُوا ، ومَا يُلَقَّاها اِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٣٥) واِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فاسْتَعِذْ بِاللهِ ، اِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) (٣٦)

ئەفەرموێ : ئەوە کێ وتاری جوانترو شیرینترە لەو کەسە کە ئادەمیزادو هۆشیاران بۆ لای خودا بانگ‌ئەکاو بۆ رەفتارکردن بە پێی فەرمانی خـودا رێنومابیان بکاو خۆیشی رەفتاری چاك بێو بیشلێت : بە راستی من خۆم لە موسوڵمانانم بە شێوەیێ کە شانازی بە ئایینی پیرۆزی ئیسـلامەوە بکا ؟ وە بزانە هاوکێش نین تۆڵەسەندنەوە لە یەکێ خراپەی کردبێ لەگـەڵتـا ، لەگەڵ رەوشتێکی جوان کە کابرای پێ دڵشاد بکەی ، وەکو بەخشینی بێ جا تۆ بەو صیفەتە کە زۆر جوانە شتی خراپو نابار لە ناوا مەهێڵە ؛ ئەگـەر وات‌کرد تەماشا ئەکەی ئەو کەسەی کە لە نێوان تۆو ئەودا دوژمنایەتی هەیە وای لێ دێت وەکو خزمێکی نزیکی خۆشەویستت بێ • بەڵام ناگا بەم پایـە ئەو کەسانە نەبێ کە خۆیان ئەگرن لە کاتی دوژمنایەتیو ناحەزیداو ، هەروا ناگا بەو پایە کەسانێ نەبێ کە خاوەنی بەشێکی گەورە بن لـە فەرمانبەریو لەخوداترسیدا • وە یاخود کەسێ کە بەشی گەورە کە بەهەشـتـە بۆی دانرابێ •

وە ئەگەر لە لایەنی شەیتانەوە ختە درای بۆ ئەوە بەرابەر بـە نەیارو ناحەزەکانت بوەستیو بەرابەری خراپە بە خراپە بکەی •• ئەوە گوێ بـەو ختەدانو هەڵنانی شەیتانە مەدەو پەنا بگرە بە خودا لە شـەیتانو بلێ :

(اعوذ بالله من الشیطان الرجیم) چونکی به راستی خودا گۆیایەو دەنگی قسەو وەسواسەی تۆ ئەبیسیٚو ئاگای له رازو نیازی دڵی تۆو غەیری تۆیشە •

بزانن ! لێرەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : حەسەنی بەصریو ، ئیبن‌و سیرین‌و ، سودەی ئەڵێن : مەبەس له (ومن احسن •••) حەزرەته ـد ـ • وه حەسەنی بەصری که ئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە ئەیفەرموو : ئەوه پێغەمەری خودایە ، ئەوه خۆشەویستی خودایە ، ئەوه هەڵبژاردەی خودایە ، وەڵلاهی خۆشەویستترینی خەڵکی سەر زەوییە له لای‌خودا • فەرمانبەرداری خودای کرد له (دەعوەت) او ئادەمیزادی بانگ‌کرد بۆ ئەو شتە که خۆی باوەڕی پێی‌بوو پەیڕەوی کرد •

وه عەکرەمەو ، قەیس‌و ، موجاهیدو ، عائیشه ئەڵێن : ئەم ئایەتە دەربارەی بانگوێژەکان هاتوەته خوارەوە •

وه بازێ ئەڵێن : مەبەس هەرکەسێکە که ئادەمیزاد بۆ ڕێگەی چاك‌و بیروباوەڕی پیرۆز بانگ بکا ؛ وەکوو خودابەیەکناسی‌و زیکری خوداو ، دەرس‌وتنەوەو ، فێرکردنی موسوڵمانان بۆ ئەحکامی دین • وه حەزرەتی ئەبوبەکریشی بەرئەکەوێ ؛ چونکه ستایشی حەزرەتی کرد له کاتێکا که حەزرەت له دەوری کەعبەدا نوێژی ئەکردو عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیط هات‌و شانی حەزرەتی گرت‌و ، ئەو جلەی به شانیەوە بوو خستیە ملی‌و توندی کردو لەوانەبوو که بیخنکێنێ ! جا ئەبوبەکر هات فریای کەوت‌و شانی ئەو کافرە بەدبەختەی گرت‌و پاڵی پێوەنا بۆ دواوەو حەزرەتی رزگارکردو فەرمووی (أتقتلون رجلا ان یقول : ربي الله وقد جاءکم بالبینات ؟) واته : ئایا پیاوێ ئەکوژن لەسەر ئەوه که بڵێت : پەروەردگاری

من خودایەو ، لەگەڵ ئەو وتارە جوانەیشا گەلێ موعجیزەی لە لای خوداوە بۆ هێنابن ؟

ئەم عوقبەیە لـــە جەنگی بەدردا کوژراو بـــە کافـــری رەوانـــەی دۆزەخ کرا •

دووهەم : مەبەس لە (وعمل صـــالحا) دوو رکات نوێژە لـــە نێوان بانگ‌و قامەتا • وە عەکرەمە ئەڵێ : یانی نوێژ بکاو رۆژوو بگرێ ، وە کەلبی ئەڵێ : یانی فەرزەکان بەجێ‌بێنێ • وە ئەمە جوانتریانە ، بـە مەرجێ کابـرا خۆی لە حەرام بپارێزێ‌و سوننەتەکانیش بکا •

سێهەم : (ادفع بالتي هي أحسن) فەرموویانە : بە ئایەتی (سەیف) نەسخ بوەتەوەو وجووبەکەی نەمـــاوە • بەس ئەوەنـــدە ماوەتەوە کابرا موجامەلەو دراوسێتی جوانی بێ‌و باری ئازار هەڵبگرێ‌و چاوپۆشی بکا •

ئیبن‌وعەباس ـ خ ـ فەرموویەتی : بە حیلم‌و حەوسەڵەی خۆت نەفامی‌و نەزانی کەسێ کە قسەی تاڵت لەگەڵا ئەکا بدەرە دواوەو وەڵامی خراپە بـە چاکە بدەرەوە •

هەروا لە ئیبن‌و عەباسەوە ریوایەت‌کراوە کـــە فەرموویەتی : ئەمـــە مەعنای ئەوەیە کاتێ کەسێ جنێوی پێدای‌و وتی : فاســـقی نوێژنەکـــەر یـا شـــتێکی تر ئەم بڵێت : ئەگەر راست ئەڵێیت خـــودا لێم خۆش بێ • وە ئەبوبەکری صەدیق جارێك ئەمەی بەسەرا هاتوە •

چوارەم : ئایەتی (فاذا الذي بينك وبينه ••• الآية) لە شانی حەزرەتا هاتوەتەخوارەوە ، لەگەڵ ئەبوســــــوفیانی کوڕی حەربـدا کاتی خـۆی دوژمنایەتیەکی ناباریان بوو ، دوایی حەزرەت (أم حبيبه)ی کچی ئـەوی مارەکرد بۆ خۆی ، ئەبوسوفیان بوو بە دۆستێکی راستی‌و لـــە بـەردەمی

حەزرەتا لە جەنگی (حونەین)دا بە رم چاوێکیان دەرهێنا • وە لە زەمانی عومەری کوڕی خەطابیشدا هەم لە غەزادا چاوەکەی تریان دەرهێناو بە کوێری لە ڕێگەی ئیسلامدا کۆچی دوایی کرد •

(ومِنْ آياتِهِ اللَّيْلُ والنَّهارُ والشَّمْسُ والْقَمَرُ ، لا تَسْجُدوا لِلشَّمْسِ ولا لِلْقَمَرِ ، واسْجُدوا للهِ الَّذي خَلَقَهُنَّ إنْ كُنْتُمْ إيَّاهُ تَعْبُدونَ (٣٧) فَإنِ اسْتَكْبَروا فالَّذينَ عِنْدَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ والنَّهارِ ، وهُمْ لا يَسْأَمُونَ) (٣٨)

وە لە ئایەتو بەڵگەی گەورەیی زاتی خودایە کاتی شەوو ڕۆژ ؛ تاریکی ئەوو ڕووناکی ئەمو بەیەکاچوونیان بە زیادو کەمو ئاشووبو ئارامی لەوانا ، وە لە بەڵگەی تەوانایی‌و زانایی خودایە ڕۆژو مانگ هاتوچۆیانو هەڵسووڕانیان لە دائیرەی خۆیاندا بە پرتەوی جیهانگیرەوە ••• ئەمانە هەموو ئەندامی لەشی جیهانن‌و جیهان نەوجەوانێکە ئامادەکراوە بۆ خزمەتی ڕاستی‌و دادپەروەری ، هەر جوزئێ لەم کائیناتەدا نرخی بە قەی ڕاستی‌و دادپەروەری خۆیەتی • جا کە وابوو ئەمانە هەموو ئەندامی خزمەتکارن ، ئێوە سوجدە بۆ خزمەتکارەکان مەبەن ؛ سوجدە بۆ ڕۆژو مانگ مەبەن ؛ سوجدە بۆ ئەستێرەی گەش‌و گای ڕەش مەبەن ، سوجدە بۆ ئەو خودایە بەن ئەوانەی دروستکردوە ئەگەر ڕاست ئەکەن ئێوە بەندەیی هەر بۆ ئەو ئەکەن •

جا ئەگەر کافرەکان دەمار گرتنی‌و خۆیان بە گەورە نیشانداو سوجدەیان بۆ پەروەردگار نەبرد •• با بزانن ئەوانە کە وان لە لای خودای تەعالا ، وەکوو مەلائیکەکان ، ئەوە بە شەوو ڕۆژ تەسبیحات بۆ خودای تاکی تەوانای زانا ئەکەن ، وە ئەوانە هەرگیز لەم تەسبیحاتە مەلوول‌و ماندوو نابن •

(ومِنْ آیاتِهِ : اَنَّكَ تَرى الأَرْضَ خاشِعَةً ، فإذا اَنْزَلْنا عَلَيْها الماءَ اهْتَزَّتْ ورَبَتْ ، إنَّ الَّذي اَحْياها لَمُحْيِ المَوْتى ، إنَّهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ) (٣٩)

وه له بەڵگەكانی تەوانایی خودایه لەسەر ئەوه كه خودا ئەتوانێ مردوەكان زیندووبكاتەوه ئەمه : كه تۆ ئەبینی زەوی داماوو كزو كەنەفتو وشكو بێ گوڵو گیایه ، جا كاتێ ئاوی بارانمان بەسەرا باراند ئەو زەویه ئەكەوێتە هاتوچۆو بەشی سەرەوەی نم وەرئەگرێو بەرز ئەبێتەوەو ئاوو هەوا ئەمژێ هەتا ئەو ریشەو تۆوه كه وا له ناویا ئەتەقێو كلاوەی زەوی ئەدڕێو سەر دەردێنێو به قەی تەواناى خۆی پەل بڵاو ئەكاتەوەو ئەگا به پایەی مایەبەخشی خۆی بۆ سوودوەرگرتنی ئەوانه كه چاوەڕێن بۆ پێتی **ئەو • جا به راستی ئەو كەسه كه ئەو زەویه مردوه زیندوو ئەكاتەوەو له** ناوكه خورمایێ دارێكی كەشكەشانی دەرئەكاو له دەنكه گوێزێ دارێكی **گومەزی ئەڕوێنێ •• ئەوه مردوەكانیش زیندوو ئەكاتەوه ، به راستی خودا تەواناى بەسەر هەموو (مومكین)ێكدا هەیه •**

(إنَّ الَّذينَ يُلْحِدونَ في آياتِنا لا يَخْفَوْنَ عَلَيْنا. اَفَمَنْ يُلْقى في النّارِ خَيْرٌ ؟ اَمْ مَنْ يَأْتي آمِناً يَوْمَ القِيامَةِ ؟ اعْمَلوا ما شِئْتُمْ ! إنَّهُ بِما تَعْمَلونَ بَصيرٌ (٤٠) إنَّ الَّذينَ كَفَروا بالذِّكْرِ لَمّا جاءَهُمْ ، وإنَّهُ لَكِتابٌ عَزيزٌ (٤١) لا يَأْتيهِ الباطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ ولا مِنْ خَلْفِهِ ، تَنْزيلٌ مِنْ حَكيمٍ حَميدٍ) (٤٢)

ئەو کەسانە لە ئیستیقامەت لائەدەن لـــە بەرابەری ئایـــاتی قورئانی ئێمەوەو تانەی لیٚ‌ئەدەن‌و ئەڵێن : ئەفسانەیە • یا تانە لە خاوەنەکەی ئەدەن‌و ئەڵێن : شێتە ، یا جادووگەرە ، یا لە خەڵکەوە فێری ئەو ئایەتـانـە بوە •• ئەوانە ون‌نابن ئێمە ئاگامان لێیانەو بە تۆڵەو ڕۆژی خۆیان ئەگەن ، وە لـە قیامەتا ئەخرێنە ناو ئاگرەوە • جا ئایا کەسیٚ بخرێتە ناو ئاگرەوە باشـــە یا کەسیٚ کـــە بـە هێمنی بیٚ مەترسی بێت شـــــوێنی خۆی بگریٚ ؟ زۆر ئامۆژگاریتان کراو وەرتان‌نەگرت ، وە هەربیری خۆتان بەلاوە پەسەندە • جا کە وایە چی‌ئەکەن بیکەن ، بە ڕاستی خودای تەعالا بینایەو چاوی لـــە کارەکاتتانەوەیە •

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە ئینکاری ڕاستی‌و زیکری خودا ئەکەن کـــە ئایاتی قورئانە کاتیٚ بێتە لایان ـ لەگەڵ ئەوەدا کـــە ئەو کیتابـە کیتابێکی بەڕێزو بەنرخە ـ شتی پێچەوانەی ڕاستی‌و واقیعی تیا نیەو شتی پووچی تیٚ ناچیٚ نە لە پێشەوەو نە لە پاشەوە • واتە : هەرچی وا تیایا ڕاستە چی باسی ئیمڕۆو چی باسی ئەمەولا • وە لە لای خودایەکەوە هاتوەتە خوارەوە کە لە لایەنی هۆشیارانەوە ستایشی ئەکریٚ‌و خاوەن حیکمەتە لـە واقیعدا ، گویٚ بەو کەسانە مەدەن کە نەفامو بیٚ نوورو بیٚ شوعوورن •

(ما يُقالُ لَكَ إِلاّ ما قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِنْ قَبْلِكَ ، إِنَّ ربَّكَ لَذو مَغْفِرَةٍ وذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ (٤٣) ولَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآناً أَعْجَمِيّاً، لَقَالُوا : لَوْلا فُصِّلَتْ آياتُهُ !؟ أَأَعْجَمِيٌّ وعَرَبِيٌّ!؟ قُلْ : هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدىً وشِفَاءٌ ، والَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ ، وهُوَ عَلَيْهِمْ عَمىً ، اولائِكَ يُنادَوْنَ مِنْ مَكانٍ بَعِيدٍ) (٤٤)

لە بارەی دڵدانەوەوە بە تۆ ناوترێ شێوەو جۆری ئەوە نەبێ کە بە پێغەمەرە پێشوەکان وتراوە لە کاتێکا کافرەکـان ئازاری دڵیـان داون • بێگومان خودای تۆ خاوەن بەخشش‌و میهرەبانیە بۆ ئەوانە کـە رووی تێ ئەکەن ، وە خاوەن سزاو تۆڵەیشە بۆ ئەو کەسانە کە دوژمنی پێغەمەرەکانن •

ئەو کافرانە جارجار ئەڵێن : ئەوە بۆچی قورئانەکەی بە زمانی عەجەمی نیە ؟ تۆ ئەو جۆرە قسەت نەچێ بە گوێدا ؛ چونکە ئەگەر ئـەو قورئانەمان بە شێوەی عەجەمی بنـاردایە ئەیانوت : شـتی وا چـۆن ئەبێت ؟ بۆچی ئایەتەکانی بە جۆرێ نەهاتوون کە لێیان تێ بگەین ؟ ئایا شتی وا ئەبێ وتـار عەجەمی بێ‌و خاوەن وتار عەرەبی بێ ؟ جا ئەم جۆرە رەخنە ئەوان ئەیگـرن لەسەر واقیع نیەو ، تۆ بەو خەڵکە بڵێ : ئەم قورئانە بۆ ئەو کەسانە کـە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەری خودا هەیە هۆی رێنومایی‌و شارەزاکردنە بـۆ حەق‌و ، شیفاو رزگاربوونە لە نەخۆشینی بیرو باوەڕی نابار لـە ناو دڵدا • وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان نیە ئەوە بارێ (قورس) وا لە ناو گوێچکەیاناو، رووناکی ئەو قورئانە بۆ ئەو دڵمژمۆڕانە ئەبێ بە هۆی کوێری‌و شەوارەی پێ ئەکەن ، وە ئەو کۆمەڵە کافرە لە هۆی بیستنی حەقەوە ئەوەندە کـەڕو نەژنەوان وەکوو ئەو کەسانە وەهان کە لە شوێنی دوورەوە بانگیان لێ‌بکرێ‌و قسەکە نەبیسن •

(وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ ، وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ ، وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ (٤٥) مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ ، وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ، وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ) (٤٦)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ! وە نیە کافران تەنیا بەرابەر بە کتێبی تۆ رەخنەیان گرتبێ‌و عەیبیان لێ‌دەرهێنابێ ، سەبارەت بە کتێبی باقی پێغەمەرانیش هەر وابوون ، بە راستی ئێمە کیتابمان دا بە موسا کە لە پێغەمەرانی (أولو العزم) ە ؛ تەوراتمان بۆ نارد کە هەموو یاسایەکی تێدا بوو ، کەچی بەنی ئیسرائیلیەکان ئیختیلافیان تێدا پەیداکردو ؛ بازێ باوەڕیان پێ نەکردو ، بازێ ئینکاریان کرد • وە ئەگەر وشەی بڕیاری سزای بەنی ئیسرائیلیەکان دیاری نەکرابایێ زوو حوکم لە بەینیانا ئەکراو کافرەکان بەرباد ئەکران ، بەڵام لەبەر ئەوە سزاکەیان دواکەوت کە وادەی بڕیاری دیاری لە پاشەوە بوو • بە راستی ئەو بەنی ئیسرائیلانە وان لە گومانێکی دڵ‌تێکدەرا بەرابەر بە تەورات • وە یاخود ئەو کافرانە وان لە گومانێکی نابارا بەرابەر بە قورئان •

هەرکەسێ کردەوەی باش بکا ئەوە قازانجی بۆ نەفسی خۆیەتی‌و ، هەرکەسێ کردەوەی خراپ بکا ئەوە زیانەکەی لەسەر خۆیەتی‌و ، خودای تەعالا لە زاتی خۆیا یا بە فەضل رەفتار ئەکا لەگەڵ بەندەکانی خۆیا ؛ بە بێ بەرانبەرو رەنجی زۆر پایە ئەدا بە بازە کەسێ (یختص برحمته من یشاء) • وە یاخود بە عەدالەت رەفتار ئەکاو بە گوێرەی کردەوە پاداشی ئینسان ئەداتەوە • لەگەڵ ئەوەدا کە هەرچی بکا لەگەڵ بەندەدا هەر ستەم نیە ؛ چونکی خالیقەو خاوەنی مادەو مەعنایەو خاوەن تەصەڕوفە لە موڵکی خۆیا جا لەسەر یاسای عەدالەتی خۆی فەرموویەتی خودای تۆ ستەمکار نیە بۆ بەندەکانی •

بزانن ! بازێ رەخنەیان گرتوەو وتوویانە : (ظلاّم) صیغەی موبالەغەیە بە مانا زۆر ستەمکار ، وە لەم شوێنەدا نەفی روو ئەکاتە قەیدو مەعنای

(وما ربك بظلام)و وای لێ دێ (کە خودای تۆ ستەمی زۆری نیە هەرچەند ئەصلی ستەمەکەی بێ) ئەم مەعنایش هەڵەیە ! وەڵامەکەی سێ شتە :

یەکەم : ئەم کەلامە لە سەر شێوەو ڕێبازی کەلامی خەڵك هاتوە ، واتە ئەو کافرانە وتوویانە : خودا (ظلام) نیە ، ئیتر مەبەس کەمو زۆر نیە •

دوەم : رووکردنی مەعنای نەفی بۆ (قید) واجب نیەو دروستە روو بکاتە (مقید) • واتە هەر ستەمی نیە چ جای زۆر •

سێهەم : (ظەللام) صیغەی نیسبەتە وەکوو (خشاب)و (تمار)و (لبان) • وە فەرموویەتی : خودا (ظەللام) نیە ، یانی نیسبەتی ظولمی لێ نادرێو هەر لە بناغەدا ستەمی لەگەڵا ڕێك ناکەوێ •

(إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ السَّاعَةِ ، وَمَا تَخْرُجُ مِنْ ثَمَرَاتٍ مِنْ أَكْمَامِهَا ، وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنْثَى ، وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ ، وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ : أَيْنَ شُرَكَائِي ؟ قَالُوا : آذَنَّاكَ مَا مِنَّا مِنْ شَهِيدٍ (٤٧) وَضَلَّ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَدْعُونَ مِنْ قَبْلُ ، وَظَنُّوا مَا لَهُمْ مِنْ مَحِيصٍ) (٤٨)

هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە زانستی کاتی وێرانبوونی ئەم جیهانی ئێمەیەو کەسی تر لەوبەولاوە نایزانێو ، بەری هیچ دارێ لە پەردەی قەباغەکەی دەرناچێو ، منداڵدانی مێینە هیچ هەڵناگرێ یا دایناێ بە بێ زانستی خودا • وە لەو ڕۆژەدا کە خودا بانگ لەو کافرانە ئەکاو ئەڵێ : کوا هاوبەشەکانم لە کوێن ؟ ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن : ئێمە ئاگادارمان کردیو ئەڵێین کەس لە ناو ئێمەدا ئاگادار نیەو کەس شایەتی بەوە نادا کە هاوبەشێ بۆ تۆ هەیە • ئەوانەیش کە زوو بانگمان ئەکردن لێمان ونبوونو نازانین

چیبان لێ هات • وه باوه‌ڕیان دێته سه‌ر ئه‌وه كه ماوه‌ی ڕاكردنیان نیـــه تـا له ده‌ستی خودا ده‌ربچن‌و له‌سه‌ر كوفره‌كه‌ی دنیایان‌و له تۆڵه‌ی بێباوه‌ڕیدا سزا ئه‌درێن •

(لا يَسْأَمُ الإنْسَانُ مِنْ دُعاءِ الخَيْرِ ، وإنْ مَسَّهُ الشَّرُّ فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ (٤٩) ولَئِنْ أذَقْناهُ رَحْمَةً مِنَّا مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ : هذا لِي ، ومَا أظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً ، ولَئِنْ رُجِعْتُ إلى رَبِّي إنَّ لِي عِنْدَهُ لَلْحُسْنى ! فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِما عَمِلُوا ، ولَنُذِيقَنَّهُمْ مِنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (٥٠) وإذَا أنْعَمْنَا عَلَى الإنْسانِ أعْرَضَ ، ونَآ بِجَانِبِهِ ، وإذَا مَسَّهُ الشَّرُّ فَذُو دُعَاءٍ عَرِيضٍ !) (٥١)

ئاده‌میزاد له داواو دۆعای خێرو خۆشی مه‌لوول نابێ ، به‌ڵام ئـه‌گـه‌ر دووچاری خراپه‌یه‌ك ببێ نائومێد ئه‌بێ‌و ته‌نگی دنیای لێ دێته یه‌ك‌و هیوابڕی میهره‌بانی‌و به‌زه‌یی خودا ئه‌بێ •

وه ئه‌گه‌ر له لایه‌نی خۆمانـــه‌وه • دوای ئه‌وه‌ی تووشی زیانێ بوو ، خێرو خۆشییه‌كی بده‌ینێ‌و لایه‌كی لێ‌بكه‌ینه‌وه ئه‌ڵێت : ئه‌م خێره ماڵی خۆم‌و به‌شی خۆمه‌و هیچ منه‌تی كه‌سی تێدا نیه‌و ، گومانم نیه كه پاشه‌ڕۆژ هه‌بێت‌و بێت‌و لێپرسینه‌وه هه‌بێ ! وه ئه‌گه‌ر شتێـكی وا ببێ‌و له فه‌رزێـكدا پاشه‌ڕۆژو لێپرسینه‌وه هه‌بێ من له‌و ڕۆژه‌یشدا ئینســـانێكی به‌پایه‌و شان ئه‌بم‌و لای خودا شوێن‌و پله‌ی جوان‌و به‌رزم ئه‌بێ • جا بێگومان ئێمه ئـه‌و كافرانـه ئاگادار ئه‌كه‌ینه‌وه‌و هه‌واڵی تۆڵه‌ی كرده‌وه‌ی ناباری خۆیانیـــان ئه‌ده‌ینێ‌و تاڵی‌و ژاراوی سزایه‌كی سه‌ختیان پێ ئه‌چێژین •

وە کاتێ نیعمەتێ برێژین بەسەر ئینسانێکدا پشت لە راستی هەڵئەکاو لا ئەکاتە ئێمەو سوپاس ناکا • وە کاتێکیش شەڕو گەڕو ئاشوویێکی پێ بگا ئەبینی دۆعاو پاڕانەوەیەکی درێژو پانی هەیە •

(قُلْ : اَرَاَيْتُمْ اِنْ كَانَ مِنْ عِنْدِ اللهِ ثُمَّ كَفَرْتُمْ بِهِ مَنْ اَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ ؟) (٥٢)

ئەی خۆشەویست تۆ بەو کافرانە بفەرموو کە باوەڕیان بە قورئـــان نیە بڵێ : ئەگەر قورئان لە لای خوداوە بێو ئێوە ئینکاری بکەن ئەوە کێیە لەو کەسانە گومڕاتر بێ کە وان لە لای موخالیفی حەقو حەقیقەتەوەو لـــە راستی دوورن؟ واتە مادام دەربکەوێ قورئان کەلامی خودایە ئەوە ئێوە هەر گومڕاییو بەدبەختیتان بۆ ئەمێنێتەوە •

(سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي اَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ اَنَّهُ الْحَقُّ ، اَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ اَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ؟ (٥٣) اَلَا اِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَاءِ رَبِّهِمْ ، اَلَا اِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطٌ) (٥٤)

واتە بە راستی لە داهاتووی نزیکا ئایاتو بەڵگەی خۆمیان نیشـــان ئەدەم لە جیهاناو لە نەفسی خۆیانا هەتا بۆیان دەربکەوێ کە خودا راستـەو تەنیایەو تەوانایەو زانایە ، وە یا بۆیان دەربکەوێ کـــە پەیامو پێغەمەریێتی حەزرەتی محەمەد حەقەو راستە • وە یا بۆیان دەربکەوێ قورئان حـەقـەو کەلامی ذاتی خودایەو پەیوەندی بە فریشتەو پەریو ئادەمیزادەوە نیـــە • ئایا بۆ تۆ بەس نیە کە پەروەردگاری تۆ ئاگاداری هەموو شتێکەو ئەزانێ کێ دۆستی تۆیەو کێ دوژمنتە هەتا یارمەتی دۆستەکانت بداو دوژمنەکانت لەناو بەرێ ؟

بیداربیه‌ره‌وه ! به‌ راستی ئه‌م کافرانه له‌به‌ر ئه‌وه‌ که‌ ژه‌نگی نه‌فامی‌و نه‌زانین له‌گه‌ڵ شوێنکه‌وتنی وشکدا سه‌رو سینه‌و دڵی داگیرکردوون ، هه‌روان له‌ گومان‌و دوودڵیدا ده‌رباره‌ی خودای خۆیان‌و ، وا ئه‌زانن خودا نیه‌ ، وه‌ ئه‌گه‌ر ببێ ئه‌م دنیا نافه‌وتێ ، وه‌ ئه‌گه‌ر بفه‌وتێ هۆشـیاران زیندوو ناکرێنه‌وه‌و ناگه‌ن به‌ باره‌گای خوداو لێپرسینه‌وه‌یان نابێ • جا بێداربینه‌وه‌ خودا له‌ باره‌ی زانست‌و هێزو ته‌واناوه‌ هه‌موو شتێکی داگیرکردوه‌و که‌س له‌ ده‌ستی توانای ده‌رناچێ •

بزانن ! ده‌لاله‌تی (ئافاق) و (انفس) له‌سه‌ر ذاتی خودا

به‌ ده‌لاله‌تی قه‌طعی له‌ رووی ئیمکان‌و حودووثه‌وه‌یه‌ • واته‌ ئافاق . ئاسمان‌و زه‌وی . ساراو ده‌ریاو که‌ژو کۆسار هه‌مووی لـه‌ حه‌وادیث‌و موممکیناتن ، مادام موممکین بوون‌و نه‌بوونی وه‌کوو یه‌که‌ به‌ بێ (مرجح) نابێ ، وه‌ (مرجح) که‌ خاریج له‌ موممکیناته‌ خودایه‌ • هه‌روا حودووثی موممکینات ئه‌ویش موحتاجی موحدیثه‌و به‌ بێ موحدیث نابێ •

وه‌ ده‌لاله‌ته‌که‌یان به‌ ده‌لاله‌تی ئیقناعی ئه‌وه‌ له‌ رووی جوانی‌و پوخته‌یی‌و یاساو نیظامی کائینات له‌ زه‌وی‌و ئاسماناو له‌ ده‌قایقی ئاثاری نه‌فسی له‌ : شادی‌و مه‌لوولی‌و ، نه‌خۆشی‌و ساغی‌و ، زیره‌کی‌و که‌وده‌نی‌و ••• ئه‌مانه‌ بۆ ئینسانی به‌ ویژدان ده‌لاله‌ت ئه‌که‌ن له‌سـه‌ر وجوودی (واجب الوجود)ی کامیل له‌ صیفاتاو دوور له‌ عه‌یب‌و نوقسان •

وه‌ ده‌لاله‌تی ئافاق له‌سه‌ر ریساله‌تی حه‌زره‌تی محـه‌مه‌د ئه‌مه‌یه‌ یـه‌کێ ئاگای له‌ مێژووی جیهان بێ ئه‌زانێ جیهان له‌ پێش هاتنی حه‌زه‌تا پڕ بوو له‌ تاریکی ره‌وشتی په‌ست‌و به‌نده‌یی ناڕه‌وا بۆ به‌ردو دارو ئاگرو گیانله‌به‌رو . پڕ بوو له‌ ره‌وشتی دوور له‌ ئه‌ده‌ب‌و یاسا •• به‌ هاتنی حه‌زره‌ت ره‌نگی جیهان

جوان بوو بە یاسای پاكو ، بە رەوشتی چاك رازاوە ، بە جۆرێ كە دڵی ئینسانی دڵدارو هۆشیار قەناعەتی پێ ئەكا .

وە دەلالەتی (انفس) لەسەر ریسالەتی حەزرەتی محەمەد ئەمەیە : ئەو كەسە كە باوەڕی نەبێ بە رەهبەری گەورە سەرگەردانەو بێ یاسایەو پەرێشانە ، وە ئەو كەسە كە باوەڕی ببێ بە ریسالەتەكەیو تەماشای صیفاتی بكا بۆ خۆی ئارام ئەبێ ، لای كەمی بە سوپاسی نیعمەتو بە خۆگرتن لەسەر زەحمەت ، وە ئەمە بەسە بۆ قەناعەتی نەفسی ئینسان بەوە كە ریسالەت حەقەو ئەو ئیمانە چرای شەوی جیهانە .

وە دەلالەتی ئافاقو ئەنفوس لەسەر راستی قورئان ئەوەیە : قورئان باسی ئاسمانو ئەستێرەو جمو جووڵی كەوكەبەكان ئەكاو ، باسی گەلێ سوودی سەرزەوی ئەكا ، ئەگەر قورئان وتاری خودا نەبوایە ئەو بەیاناتەی بۆ نەدەكرا . لە لایێ ترەوە لە هەموو ئافاقی جیهانا هیچ فەصیحێو هیچ بەلیغێ نەیتوانی وێنەی قورئان دابنێ .

هەروەها دەلالەتی (أنفس) لەسەر راستی قورئان لە زۆر روەوەیە ، گرنگیان ئەمەیە كە ئەو صیفەتانە قورئان باسیان ئەكا بۆ ئینسان هەركەسێ وەریان بگرێ بە پیرۆزی ئەژی . وە ئەو قورئانە جۆرە تەئثیرێكی هەیە لە دڵدا وەكوو تەئثیری ئاگرە لە مادەی تەڕاو تەئثیری هەتاوە لە تاریكستاناو تەئثیری چاوە لە رێگەداو ، تەئثیری دەلیلە لە وڵاتی غەریبیدا . وە بە هۆی قورئانەوە دڵ وشك ئەبێتەوەو چڵكو چەپەڵی لەسەر نامێنێو تاریكی گومڕاییو نەزانی لائەچێو رێگەی راست دەرئەكەوێ . وە لە هەر كارێكدا بیەوێ بیكا ئەزانێ چۆنی بكا .

ئافاق‌و ئه‌نفوس یه‌ك یه‌ك سه‌راسه‌ر
ده‌لیلن له‌سه‌ر خالیقی ئه‌کبه‌ر
ده‌لیلن له‌سه‌ر زات‌و صیفاتی
صیفاتی به‌رزی پڕ که‌مالاتی
ده‌لیلن له‌سه‌ر مه‌قامی ئه‌حمه‌د
که‌ هات به‌ ره‌حمه‌ت به‌ فه‌یض‌و مه‌ده‌د
بوو به‌ وه‌سیله‌ی زانستی ئاده‌م
بوو به‌ وه‌سیله‌ بۆ عیلم‌و عه‌له‌م
ده‌لیلن له‌سه‌ر مه‌قامی قورئان
که‌لامی حه‌قه‌ بێ عه‌یب‌و نوقصان

سوورەتی (شورا) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتەکانی ٢٣و ٢٤و ٢٥ نەبێ ، ٥٣ ئایەتە ، دوای سوورەتی (فصلت) هاتوەتەخوارەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(حم (١) عسق (٢) كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٣) لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ، وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (٤) تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْ فَوْقِهِنَّ ، وَالْمَلَائِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ، وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَنْ فِي الْأَرْضِ ، أَلَا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) (٥)

ئەم سوورەتە ناوی (حامیم عەین سین قاف)ە ، وەکوو ئەم مەعناو مەفهوومانە کە لەم سوورەتەدان‌و فام‌ئەکرێن ئاوەها وەحی ئەنێرێ بۆ لای تۆو بۆ لای پێغەمەرە پێشووەکان ئەو خودا کە خاوەن عیزەتەو خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکدا .

وە هەر بۆ خودایە بە موڵك‌و تەصەڕوف هەرچی وا لە ئاسمان‌و زەویداو ئەو خودایە بەرزە لە پایەداو گەورەیە لە دەسەڵاتا .

لەوانەیە لە ترس‌و هەیبەت‌و گەورەیی خودا ئاسمانەکان لەسەرەوە تا خوار لەت‌لەت‌و پارچە پارچە بین ، وە فریشتەکان تەسبیح‌و ستایش بۆ

خودای خۆیان ئەکەنو داوای تاوانبەخشی لە خودا ئەکەن بۆ ئەوانە وان لەسەر زەویدا • بێداربنەوە ! بە راستی هەر خودای تەعالا تاوانبەخشو میهرەبانە •

(والَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ، اللهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ ، وما أَنتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ) (٦)

وە ئەو کەسانە ، بێجگە لە خـــودا ، چەن دۆســـتێکیان بۆ خـودا دروستکردوە ئەوە خودا ئاگای لێیانەو ئەو ئەتوانێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە ، وە تۆ وەکیلی خودا نیت لەسەریان •

(وكذلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِتُنْذِرَ أُمَّ الْقُرى ومَنْ حَوْلَها ، وتُنْذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لا رَيْبَ فِيهِ ، فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ . وفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ) (٧)

وە هەر بە وێنەی ئەوە لەمەوپێش ناردوومانە بۆ لای پێغەمەرانی پێش تۆ وەحیمان بۆ تۆیش ناردوە ئەو وەحیەیش قورئانێکە بـــە عەرەبی لـــە لوغەتاو لە شێوازا بۆ ئەوە کە ئەهلی (آم القری) واتە شاری مـەکـــەو هەرکەس بە دەوری ئەوێدا هەیە بیانترسێنی لە سزای رۆژی قیـامـــەتو عالەم بترسێنی لە بیمی رۆژی گردبوونەوەیان لە مەحشەرا کە هیچ گومانی تێدا نیەو لەو رۆژەدا تاقمێ وان لە بەهەشتاو ، تاقمێ وان لەناو دۆزەخا •

(ولَوْ شاءَ اللهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً واحِدَةً ، ولكِنْ يُدْخِلُ مَنْ يَشَاءُ فِي رَحْمَتِـــهِ • والظَّـــالِمُونَ ما لَهُمْ مِنْ وَلِيٍّ ولا نَصِيرٍ (٨) أَمِ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ؟ فَاللهُ هُوَ الْوَلِيُّ ، وهُوَ يُحْيِي الْمَوْتى ، وهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (٩)

ئەگەر خودای تەعالا بیویستایێ ئەیتوانی هەموو ئەم کۆمەلانە بکا بە یەك کۆمەڵ ، یا هەموویان بکا بە گەلێکی هۆشیارو شارەزا بۆ ئاشتی ، وە یا بە گەلێکی گومرای سەرلێتێکچوو . بەڵام خودا ئەو خواستە ناکا . بەڵکو تەماشای خواستی خەڵك ئەکا ، ئەوانە کە خۆیان حەز لە ڕێگەی باش ئەکەن ئەوانەن کە جیائەکرێنەوە بۆ پیرۆزیو خواستی خودایش وا ئەبێ کە بیانهاوێتە ناو ڕەحمەتی خۆیەوە ، وە ئەوانەیش کە خواستیان لەسەر ستەمکاریو بەدبەختییە ئەمانەیش لە ڕەحمەت دوور ئەخاتەوە بە جۆرێ کە ماوەی ئەوە نابێ دۆستو یارمەتیدەر لە پاشەڕۆژا یارمەتییان بدەن .

تۆ واز لەم باسە بێنە ئەو کافرانە بە هەڵبژاردنی بەدو خراپی خۆیان چەن دۆستێکی نارەوایان بۆ خودا یان بێجگە لە خودا ، وەرگرتووەو بە دەوریانا رائەبوێرن ، ئەمانە نافامن بگەڕێن بە شوێن دۆستی راستدا ئەنا ئەگەر بە شوێن دۆستی خاوەن سوود بۆ دنیاو قیامەتدا بگەڕێن هەر خودا بە دۆست ئەگرنو ئەو دۆستە راستە خودایەو ، ئەو مردووەکان زیندوو ئەکاتەوەو ئەو بەسەر هەموو شتێکدا هێزو تەوانایی هەیە .

(وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ، ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي ، عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ (١٠) فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا ، وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا ، يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ، لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ ، إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (١٢)

ئەوەی ئێوەو کافرەکان جیاوازیتان تیایاندا ئەبێ ؛ وەکوو تەوحیدو ، هاوبەش بۆ خودادانانو ، ریسالەتی محەمەد ـ د ـ و ، هاتنـــەخوارەوەی قورئان لە لایەنی خوداوە ئەوە حوکمەکەی وا لە لای خوداداو ئەو خودایە خودای منە ، هەر لەسەر ئەوە تەوەکولو ئیعتیمادمو ، هەر بـــۆ لای ئەویش ئەگەڕێمەوە ، ئەو خودایە کە دروستکەری ئاسمانەکانو زەوییە ، وە لــــە نەفسی نەوعی خۆتان ژنی بۆ داناونو ، لە بزنو گاو مەڕو وشترو ••• چەن هاولفی بۆ دروستکردوون ، ئێوەو حەیوانەکانی ئێوە زۆر ئەکا بـە هـۆی ئیجادەوەو هیچ شتێ وەکوو ئەو نیە ، ئەو گۆیاو بینایە ، وە خەزێنەکـــانی ئاسمانو زەوی بۆ خودایە ، وە یا رستی ئاسمانو زەوی بە دەستی توانایی ئەوەو ، رۆزی گوشاد ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ ، وە کەمو کووڕیشی ئەکا بۆ کەسێ بیەوێ کەمی بکاتەوە • بە راستی خودا زانایـە بە هەموو شتێ •

(شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا ، وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ، وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى : أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ، كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ، اللهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَنْ يَشَاءُ . وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ يُنِيبُ (١٣) وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ . وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ ، وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ) (١٤)

ئەی ئادەمیزاد ئەم دینە کە محەمەد ـ د ـ هێناویەتی بۆ ئێوە کە دینی خودابەیەکناسییە دینێکی دامەزراوی کۆنە ، خودا ئەڵێ : دینێکی وام بۆ دامەزراندوون بریتییە لەوە کە نوح وەصیەتی پێ‌کردبوو ، وە ئەوەی کە بە وەحی ناردم بۆ لای تۆ کە وتم : (فاعلم انه لا اله الا الله) . وە ئەوەی کە وەصیەتم پێ‌کردبوو بۆ ئیبراهیم‌و موساو عیسا : کە ئەو دینە تەفسیر ئەکرێتەوە بە فەرمان بە راگرتنی دین کە بریتییە لە ئیمان بەوەی واجبە بۆ هەموو گەلێ بەجێی بێنێ لە ئوصوول‌و یاسای بیرو باوەڕی خودابەیەکناسی‌و ، نەهی لە ئیختیلاف‌و لەیەك‌جیاوەبوون لە ئوصوولدا ، وە ئەم دینی خودابەیەکناسییە راستەو ، کافرەکان زۆر دوور ئەکەونەوەو ، زۆر گەورەو گرانە ئەوەی کە تۆ ئەو کافرانەی بۆ بانگ ئەکەی ، بەڵام خودا خۆی ئەزانێ بۆ کێ ئەبێ‌و خۆی کەسێ هەڵئەبژێرێ بۆ ئەم دینەو بۆ راگرتنی کە خۆی خواستی لەسەری بێ‌و ، وە شارەزا ئەکا بۆ ئەم دینە کەسێ کە بە راستی ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودا .

وە ئەم دینی خودابەیەکناسییە لە هەموو چەرخە پێشووەکانا باوو ناسراو بوو ، گەلە پێشوەکان لە بیروباوەڕدا لە یەك جیانەبوونەوە دوای ئەوە نەبێ کە زانستیان بە ئایینی خودابەیەکناسی پەیداکردو زانییان ئایینێکی راستە ، وە جیابوونەوەکەیان لەسەر ئەساسی عەناد بوو لە ناو خۆیانا لە بەر داواکردنی تەماعی دنیا ، وە ئەگەر فەرمانێ لە لایەنی خوداوە رانەبوردایە لەسەر مۆڵەتیان هەتا وادەیەکی دیاری کراو حوکم ئەدرا لە ناویانا بە بەربادکردنی کافرەکان ، وە ئەوانەیش کە لە رەهبەرە پێشووەکانەوە کیتابیان دەس‌کەوتوە ؛ وەکوو کیتابیەکانی زەمانی محەمەد ـد ـ وان لە گومان‌و دوودڵی‌و بێ‌باوەڕییەکی زۆر دڵ ئازاردەرا لە هۆی خودابەیەکناسییەوە ، واتە ئارەزووی خودابەیەکناسییان نیە .

(فَلِذٰلِكَ فادْعُ ، واسْتَقِمْ كَمَا اُمِرْتَ ، ولا تَتَّبِعْ اَهْوَاءَهُمْ ، وقُلْ : آمَنْتُ بِما اَنْزَلَ اللهُ مِنْ كِتَابٍ . واُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمْ ، اللهُ رَبُّنَا ورَبُّكُمْ ، لَنَا اَعْمَالُنَا ولَكُمْ اَعْمَالُكُمْ ، لا حُجَّةَ بَيْنَنَا وبَيْنَكُمْ ، اللهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ، وإِلَيْهِ المَصِيرُ (١٥) والَّذِينَ يُحَاجُّونَ فِي اللهِ مِنْ بَعْدِ مَا اسْتُجِيبَ لَهُ حُجَّتُهُمْ داحِضَةٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ ، وعَلَيْهِمْ غَضَبٌ ، ولَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ) (١٦)

جا لەبەر ئەو زانستە رەسایە خودا پێیداوی هەر ئادەمیزادانو هۆشیاران بانگ بکە بۆ ڕێگەی خودابەیەکناسیو بۆ ئەوە کە یاسای دین بگرنە گەردن ، وە ئیستیقامەت بکە لەسەر کاری خۆت کە بانگکردنی خەڵکە بۆ لای حەقو ، هەرگیز مەکەوەرە شوێن ئارەزووی پووچی ئەوان ، وە بۆ ئارامکردنەوەی دڵیان بفەرموو : باوەڕم هەیە بەو کتێبانە کە خودا ناردوونی هەر کیتابێ بێ ، وە هەموو شەریعەتو ئایینی خودا کە لەمەوپێش بوون ، وە هەرچی ئیستایش وا لە ناوا کە بریتییە لە قورئان •• هەموویان حەقن ، وە فەرمانم پێدراوە کە عەدالەت بکەم لەناوتانا لە ناکۆکیو مامەڵەو ئیشو کارتانا ، خودا پەروەردگاری ئێمەو ئێوەیە ، هەموو لە بەندەیی خودادا وەکوو یەکین ، بەڵام هەرکەس ڕاستتر بێ پێشکەوتووترە ، کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانەو کردەوەی ئێوەیش بۆ خۆتانەو ، کێشەو بەرەو جیدال نیەو غەوغاو هەرای ناوێ ، ئینسان بە هەراو قاڵە ناگاتە مەبەستو ، حەسوود سوود وەرناگرێ • خودا هەموومان لە پاشەڕۆژا گردئەکاتەوەو گەڕانەوەو ئەنجامی ئێمە بۆ لای ئەوە •

وه ئــه‌و که‌سانه کــه ده‌مه‌ده‌مه‌و جیدال له ئایینی خودابه‌یه‌کناسیدا ده‌که‌ن . دوای ئه‌وه‌ی چی پێویست بێ لــه راگه‌یاندنی دین‌و رێنومایی‌و ئامۆژگاری پێی گه‌یاندن ، ئه‌وه به‌ڵگه‌و ده‌لیلیان پووچ‌و بێ نرخه له لای خودا . له دنیادا قاری خودایان دێته‌سه‌رو له پاشه‌ڕۆژیشا سزای سه‌ختیان هــه‌یه .

(اللّٰهُ الَّذِي اَنْزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ ، وَمَــا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ ؟ (١٧) يَسْتَعْجِلُ بِهَــا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِهَا ، وَالَّذِينَ آمَنُوا مُشْفِقُونَ مِنْهَا ، وَيَعْلَمُونَ اَنَّهَا الْحَقُّ ، اَلا اِنَّ الَّذِينَ يُمَارُونَ فِي السَّاعَةِ لَفِي ضَــلالٍ بَعِيدٍ (١٨) اللّٰهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ ،وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ) (١٩)

خودا ئه‌و خودایه که کتێبی له غه‌یبه‌وه ناردوه بــه هۆی به‌جێهێنانی ئادابی ڕاسته‌وه‌و میزانی ته‌ماشاکردنی مافی گشتی‌و تایبه‌تی ناردوه بۆ ئه‌وه هه‌مــووی خــاوه‌ن مافــی مافــی خــۆی بــدرێتێ وه بــۆ ئــه‌وه ئاماده‌یی‌و توانای نــه‌فسی‌و شــه‌خسی ئاده‌میزاد ون نه‌کرێ ، ئیتر ئــه‌وان عه‌لاقه‌یان چیه به هاتنی کاتی قیامه‌ته‌وه‌و ؟ کێ تۆ ئاگادار ئه‌کات له هاتنی هیوا وایه نزیك بێ!ئه‌و که‌سانه‌که باوه‌ڕیان به هاتنی ڕۆژی قیامه‌ت‌نیه په‌له‌په‌ل ئه‌که‌ن له هاتنی قیامه‌تاو پرسیار ده‌رباره‌ی ئه‌که‌ن‌و ، پرسیاره‌که‌یان جۆره گاڵته‌و گه‌پێکه . ئه‌گه‌رنا یه‌کێ باوه‌ڕی به‌و ڕۆژه بێ‌و بزانێ سام‌و ترسی کاره‌ساته‌که چۆنه زۆر له هاتنی ئه‌و ڕۆژه ئه‌ترسێ‌و ، به بیمه‌وه باسی ئه‌کا . وه ئه‌وانه که باوه‌ڕیان به‌و ڕۆژه هه‌یه‌و ئه‌زانن قیامه‌ت دادگایه‌کی حه‌قــه‌و

پێویستە لەسەر حیکمەتی خودا دابنرێ بۆ ئەوە هەرکەس بگا بە پاداشی خۆی ، ئەوانە لەو رۆژە ئەترسن‌و بە ترسەوە باسی ئەکەن .

جا بێدارببنەوە ئەوانە کە دەمەدەمە ئەکەن لە هاتن‌و نەهاتنی پاشەڕۆژا وان لە لایەکی دوور لە حەقەوەو وان لە گومڕاییەکی زۆر دوورا .

خودا زۆر میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی خۆیاو رۆزی ئەدا بە هەر کەسێ خواستی لەسەر بێ‌و خودا خاوەن هێزو خاوەن عیزەتە .

(مَنْ كانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَـهُ فِي حَرْثِهِ ، ومَنْ كانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْها ، وما لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ نَصِيبٍ) (٢٠)

هەرکەسێ خواستی لەسەر کشتی قیامەتە لەو کشتەو لە بەرهەمی ئەو کشتەی بۆ زیاد ئەکەین ، وە هەرکەس کشتی دنیای ئەوێ لە دنیادا بەشی ئەدەین‌و لە قیامەتا بەشی نیە .

(أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ ما لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللهُ ؟ ولَوْلا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ ، وإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٢١) تَرَى الظَّالِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا كَسَبُوا وهُوَ واقِعٌ بِهِمْ ، والَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فِي رَوْضَاتِ الْجَنَّاتِ ، لَهُمْ مَا يَشَاؤُنَ عِنْدَ رَبِّهِمْ ، ذلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (٢٢) ذلِكَ الَّذِي يُبَشِّرُ اللهُ عِبَادَهُ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ، قُلْ : لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً إِلاَّ الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبى ، وَمَنْ يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَزِدْ لَـهُ فِيها حُسْناً ، إِنَّ اللهَ غَفُورٌ شَكُورٌ) (٢٣)

یا خەیر ئەو کافرانە چەن هاوبەشێکیان هەیە کـــە بە خەیاڵی پووچ
دایان‌ناون بۆ خۆیان ، وە ئەو هاوبەشانە چەن رێگەو یاسایەکی دینی وایان
بۆ داناون کە خودا حەزیان لێ‌ناکا • جا ئەگەر وشەی بڕاوەی نەگۆڕاوی
ئێمە نەبوایە لەسەر بڕیاری کاتێکی تایبەتی بۆ سزادانیان •• حوکم ئەدرا لە
ناویانا ، وە ئەم داوا پووچانە وەکوو هاوبەش دانان بۆ خوداو ، باوەڕنەکردن
بە زیندووبوونەوەی ئادەمیزاد بـــۆ لێپرسینەوەی رۆژی قیامەت‌و ، کارکردن
هەر بۆ دنیایان لێ وەرنەدەگیرا ، بەڵام ئەو وشە رابوردوەو ، بە راستی
ئەو ستەمکارانە سزایەکی سەخت‌و ئازاراوییان بۆ هەیە •

جا تۆ لە رۆژی قیامەتا ستەمکارەکان ئەبینی وان لە ترس‌و بیمی تۆڵەی
ئەو کردەوانەدا کە لە دنیادا کردوونیان‌و لە واقیعدا ئەو سزاو تۆڵەیان پێ
ئەگا • وە ئەو کەسانەیش باوەڕیان بە ئایین بوەو کردەوەکانیان باشە وان
لە ناو باخەکانی بەهەشتاو ئەوەی ئارەزووی بکەن‌و دڵیان بۆی بچێ هەیەو
لای خوداوە بۆیان دێ • جا ئەم پایە بەشێکی زۆر گەورەیە ، ئەم پایەو
شوێنە بازێ لەوانەیە کە خودای تەعالا بە شێوەی موژدە ـ موژدەی پێ
ئەدا بەوانە کە باوەڕیان هەیەو کردەوەیان باشە لە بەندەکانی خودا • جا تۆ
بەو کافرانە بڵێ : من راگەیاندنیم لەسەرەو لەسەر ئەم زەحمەت‌کێشانە بـــۆ
شارەزاکردنی ئێوە بۆ رێگەی ئیسلام هیـــچ موزدو حەقێکم ناوێ ئـــەوە
نەبێ کە منتان خۆش بوێ لە بەر ئەو خزمایەتییە وا لە ناومانا‌و من هەم وام
لەگەڵتانا • یا ئەوە نەبێ کە خۆتان لەگەڵ خزمەکانتان باش بن‌و • یا ئەوە
نەبێ کە لەگەڵ خزمەکانی منا باش بن ، ئەنا من پێویستیم بە پایەو مایەی
ئێوە نیە • وە هەرکەسێ چاکەو طاعەتێ لەبەر رەزای خودا بکا ئەوە لـــە
پاداشی ئەوەدا جوانی زیاد ئەکەین بۆی، واتە پاداشەکەی چەن قات ئەکەینەوە
بە خواستی خۆمان ، بە راستی خودا تاوانبەخش‌و طاعەت‌وەرگرە •

(أَمْ يَقُولُونَ : افْتَرَى عَلَى اللهِ كَـــذِباً ؟! فَإِنْ يَشَأَ اللهُ يَخْتِمْ عَلَى قَلْبِكَ ، وَيَمْحُ اللهُ البَـــاطِلَ ، وَيُحِقُّ الْحَـقَّ بِكَلِمَاتِهِ ، إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) (٢٤)

یا خەیر ئەم کافرانە دڵیان دانامەزریّو ، ئەڵێن : محەمەد درۆی بـە دەم خوداوە هەڵبەستوە کە ئەڵێت منی کردوە بە رەهبەرو ئـەم قورئانە کەلامی ئەوە ! نافامن کە تۆ ترست لە خودا هەیەو تۆ درۆ بە دەم خوداوە هەڵنابەستی ؛ چونکی باوەڕت هەیە ئەگەر خودا بیەویّ ئەتوانیّ دڵت مۆر بکا ، وە ئینسانی خاوەن باوەڕ قەت درۆ هەڵنابەستیّ زیاد لەوە خودا یاسای وەهـایە شتی پڕو پووچ لـە ناو ئـەباو شتی حەقو ڕەوا دائـەمەزرێنیّو ئەیهێڵێتەوە بە قەزاو قەدەری خۆی ، دەی چۆن ڕێگەی ئەوە ئەدا کـە کەسیّ بێت شتی بیّ بناغە بکا بە بنچو بنەوان بۆ ئایینی دامەزراو ؟ بـە راستی خودا زاناو ئاگایە بەو خەیالانە وان لە دلاندا .

(وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَــــادِهِ ، وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ ، وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ (٢٥) وَيَسْتَجِيبُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ، وَيَزِيدُهُمْ مِنْ فَضْلِــهِ ، وَالْكَافِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ) (٢٦)

خـودا خودایـەکی وایـە تـەوبەو گەڕانـەوە لـە بەندەکانی خـۆی وەرئەگریّو ، ئەیانبەخشیّ لە کردەوە ناهەموارەکانیانو ، زانایشە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن ، وە نزاو پاڕانەوەی ئەوانە گیرا ئەکا کە کردەوەی باش ئەکەنو لـە کەرەمی خۆیەوە پاداشـیان بۆ زیاد ئـەکاو کافرەکان سزای سەختیان هەیە .

(ولَوْ بَسَطَ اللهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ ،
ولكِنْ يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَا يَشَاءُ ، انَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ (٢٧)
وهُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ الغَيْثَ مِنْ بَعْدِ مَا قَنَطُوا ، ويَنْشُرُ
رَحْمَتَهُ ، وهُوَ الْوَلِيُّ الحَمِيدُ) (٢٨)

ئەگەر خودای تەعالا رۆزی بۆ بەندەکانی خۆی زۆر بکردایە دەستیان ئەکرد بە ستەمکردنو داگرتنی بازێکیان بۆ ماڵو نەفسی بازێکیان ، بەلام خودا لەسەر تەقدیری خۆی ئەوەندە خواستی ببێ رەوانەی ئەکا ، بە راستی خودا زاناو بینایە بە بەندەکانی خۆی ٠

وە خودا خودایەکە باران لە ئاسمانەوە ئەبارێنێ پاش ئەوە کە ئادەمیزاد بێ ئومێد ئەبن ، وە رەحمەتی خۆی بلاوئەکاتەوە بە دنیادا ، وە خودا گەورەیەو شیاوی سوپاسو ستایشە ٠

(ومِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ والارْضِ ومَا بَثَّ فِيهِمَا مِنْ
دابَّةٍ ، وهُوَ عَلَى جَمْعِهِمْ إذَا يَشَاءُ قَدِيرٌ (٢٩) وما أصَابَكُمْ
مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أيْدِيكُمْ ، ويَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ (٣٠)
وما أنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ فِي الأَرْضِ ، ومَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللهِ مِنْ
وَلِيٍّ ولاَ نَصِيرٍ) (٣١)

وە لە نیشانەی گەورەیی خودایە دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی کە بلاوی کردوەتەوە لەوانا لە گیانلەبەرێ کە بڕوات بەسەر زەویدا وەکو ئینسانو گیانلەبەرەکانی تر لە دڕندەو چەرندەو پەلەوەرو گیانەبەرانی وشکانو دەریاو (وە ئیمامی رازیو غەیری ئەویش ئەڵێن : دوور نیە گیانلەبەری وەکوو ئێمە لە کەواکیبی ئاسمانا هەبێ) وە هەرکاتێ خودای

تـەوانا بیەوێ ئەتوانێ لـە دنیادا گردیان بکاتەوە بـەم جۆرە بـە هۆی رووداوێکەوە چەن خەڵك لە دێهاتو شارانا لە یەك شوێنا حازر بکات ، وە یا لە قیامەتا زیندوویان بکاتەوەو گردیان بکاتەوە •

وە هەر شتێکتان لە بەڵاو ئازارو ناساغیو مەینەتی تر پێ بگات ئەوە بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوەیە کە دەستی خۆتان کردوونیو لـە زۆر کردەوەی نابارێشتان ئەبوورێ •

وە ئێوە لەوانە نین لـە دەستی توانایی ئێمە دەربچنو ئـەو بـەڵاو ئازارانە لە خۆتان دوور بخەنەوە کە ئێمە بۆتانی ئەنێرین لە زەویداو ، کاتی گیرۆدەیی دۆستو یارمەتیدەرتان نیەو کەس نیە بە هاناو هاوارتانەوە بێت •

بزانن ! خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : ئـەم ئایـەتە تایبەتە بـە تاوانبارەکانەوە ؛ چونکی ئەوەی بە بێ تاوان ئەگا هۆی تری هەیە بە پێی حیکمەتی خودا لە ئێشو کاری خۆیا وەکوو خواستی بۆ بەرزیی پلەو پایەی ئەو کەسەی گیرۆدەی بەڵاو مەینەت ئەبێ •

بازێ ئەڵێن : (مصيبة) ناوە بۆ زەحمەتێ کە لە تاوانبارییەوە پەیدا ئەبێ ؛ وەکوو : دەس بڕینی دزو ، کوشتنی جەردەو ، حەددی زیناو ••• وێنەی ئەمانە • بەڵام ئەو دەردە کە لە تاوانبارییەوە پەیدا ئەبێ وەکو دەردی منداڵو ؛ دەردو زەحمەتی پێغەمەران ــ‌و بەڵایێ کە دێتە سەر پیاوچاکان ئەوە (مصيبة) نیـە بەڵکو (بەڵا)یە وەکوو لـە فەرموودەی حەزرەتەوە دەرئەکەوێ کە فەرموویەتی (اشد الناس بلاء الانبياء ، ثم الصالحون • الامثل فالامثل) •

(وَمِنْ آيَاتِهِ الْجَوَارِ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ (٣٢) إِنْ يَشَأْ يُسْكِنِ الرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَى ظَهْرِهِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ

لآياتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (٣٣) أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا .
وَيَعْفُ عَنْ كَثِيرٍ (٣٤) وَيَعْلَمَ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِنَا
مَا لَهُمْ مِنْ مَحِيصٍ (٣٥) فَمَا أُوتِيتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ
الدُّنْيَا . وَمَا عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ
يَتَوَكَّلُونَ) (٣٦)

وه له نیشانه‌ی گه‌وره‌یی خودایه ئه‌و که‌شتییانه که له ده‌ریادا ئه‌ڕۆن وه‌كوو كێوی به‌رز بـه هۆی بای به‌هێزه‌وه ، ئه‌گه‌ر خودا بیه‌وێ ئه‌و بایه ئه‌گرێته‌وه‌و كه‌شتییه‌كان به وه‌ستاوی له‌سه‌ر ئاوه‌كه ئه‌مێننه‌وه ، به ڕاستی هه‌یه له‌م جۆره كارانه‌دا به شه‌پۆلدان به بای به‌هێزو به گرتنه‌وه‌یان چه‌ن به‌ڵگه‌و نیشانه بۆ گه‌وره‌یی خودا ، هه‌ر وه‌ها چه‌ن به‌ڵگه هه‌یه بۆ په‌ندگرتن به‌رابه‌ر به ئینسانێ خۆگر بێ له به‌ر فه‌رمانی خوداداو سوپاسی خودا بكا .

یاخود ئه‌گه‌ر هه‌ر بیه‌وێ ئه‌و كه‌شتییانه‌و سه‌رنشینانی ئه‌وان به هۆی شوومی‌و نه‌گبه‌تی تاوانی ئه‌وانه‌وه له‌ناو بیا له‌ناویان ئه‌باو ، خودا له گه‌لێ تاوان ئه‌یانبه‌خشێ . وه بۆ ئه‌وه له‌ناویان ئه‌با كه تۆڵه‌یان لێبكاته‌وه ، وه ئه‌وانه‌یش كه باوه‌ڕیان به خودا نیه‌و موجاده‌له ئه‌كه‌ن له ئایه‌ته‌كانی منـدا بزانن ماوه‌ی ڕزگاربوونیان نیه . جا بزانن ئه‌وه‌ی كه به ئێوه دراوه لـه ماڵ‌و دارایی ئه‌وه هۆی ژیان‌و ڕابواردنی ئینسانه لـه ژیانی دنیادا ، وه ئه‌وه‌یش كه لـه لای خودایه لـه پاداشی پاشه‌ڕۆژ باشتره بۆ ئه‌وانه كه باوه‌ڕیان هه‌یه‌و پشت به خودای خۆیان ئه‌به‌ستن .

(وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ . وَإِذَا مَا
غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ (٣٧) وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ . وَأَقَامُوا

الصَّلاةَ . وأَمْرُهُمْ شُـــورى بَيْنَهُمْ ، ومِمَّـــا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٣٨)والَّذِينَ إذا أصَابَهُمُ البَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ(٣٩) وجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُها ، فَمَنْ عَفا وأَصْلَـحَ فَأَجْرُهُ علَى اللهِ ، إنَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (٤٠) ولَمَنِ انتَصَرَ بَعْـــدَ ظُلْمِهِ فَأُولائِكَ ما عَلَيْهِم مِنْ سَبِيلٍ (٤١) إنَّما السَّبِيلُ عَلى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ ، ويَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ، اولائِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤٢) ولَمَنْ صَبَرَ وغَفَرَ إنَّ ذلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الأُمُور) (٤٣)

وە ئەو بەشە وا بـە لای خوداوە باشە بۆ ئەو کەسانە کە لـە تاوانە گەورەکان دوورئەکەونەوە ، وەکوو پیاوکوشتن‌و فـەرمانە ئابڕووبەرەکان وەکوو زیناکردن ، وە لە کاتێکدا رقیان ئەستوور بوو لە خۆیانەوە رقەکە ئەخۆنەوەو عـەفو ئەکەن ، وە بۆ ئەو کەسانەیش کە فەرمانی خودا بەجێ دێنن‌و نوێژەکان بە پوختەیی لـە سەرەتای کاتەکانا ئەکەن‌و ئیش‌و کاری گرنگیان بە راوێژ دەرئەخەن ، وە لەوەیش کە کردوومانە بە رۆزی‌و بژیو بۆیان صەرف ئەکەن • وە بۆ ئـەو کەسانەیش کاتێ زۆریان لێ بکرێ‌و ستەمیان پێ بگـا ئەتوانن حـەقی خۆیان وەربگرنەوە ، وە پاداشی خراپە خراپەیەکە وەکوو خۆی ، جا ئەگەر کەسێ خەڵك ببەخشێ‌و چاکەو ناوبژی بکا لـە نێوان خەڵکا ئەوە پاداشەکەی لەسەر خودایە ، بە راستی خودای تەعالا ستەمکارانی خۆش ناوێ • وە هەرکەسێ کە حەقی خۆی بسێنێ پاش ئەوە کە ستەمی لێ کرا ئەوە ئەوانە رێگەی لۆمەو سەرزەنشتیان لەســەر نیە ، رێگەی لۆمە لەسەر ئەوانەیە کە ستەم لە ئادەمیزاد ئەکەن‌و زیادەڕەوی ئەکەن لە زەویدا بەناڕەوا ئـەوە ئەوانە لـە پاشەڕۆژا سزایەکی سەختیان

هه‌یه‌و ، به راستی که‌سێ خۆگر بێ له‌سه‌ر ئه‌و زه‌حمه‌تانه که تووشی ئه‌بن‌و تاوانبه‌خشیش بێ ئه‌وه به راستی یه‌کێکه له خاوه‌ن عه‌زم‌و باوه‌ڕه به‌هێزه‌کان‌و دروسته باسی بکه‌ی به ره‌هبه‌ری به‌ماریفه‌ت •

(ومَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَمَا لَهُ مِنْ وَلِيٍّ مِنْ بَعْدِهِ ، وتَرى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ : هَلْ إِلى مَرَدٍّ مِنْ سَبِيلٍ ؟ (٤٤) وتَراهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْها خاشِعِينَ مِنَ الذُلِّ ، يَنْظُرُونَ مِنْ طَرْفٍ خَفِيٍّ ، وقالَ الّذِينَ آمَنُوا : إِنَّ الخاسِرِينَ الّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وأَهْلِيهِمْ يَوْمَ القِيامَةِ ، ألا إنَّ الظّالِمِينَ فِي عَذابٍ مُقِيمٍ (٤٥) ومَا كانَ لَهُمْ مِنْ أَوْلِياءَ يَنْصُرونَهُمْ مِنْ دونِ اللهِ ، ومَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَما لَهُ مِنْ سَبِيلٍ) (٤٦)

ئه‌و که‌سه‌ی که خودا گومڕای بکا ئیتر بێجگه له خودا دۆستێکی نیه شاره‌زای ڕێگه‌ی بکاو ، تۆ سته‌مکاران ئه‌بینی که له ڕۆژی قیامه‌تا هاوار ئه‌که‌ن‌و ئه‌ڵێن : ئایا ڕێگه‌مان هه‌یه بۆ گه‌ڕانه‌وه بۆ دنیا ؟

وه ئه‌یانبینی ڕائه‌نوێنرێن به‌سه‌ر ئاگری دۆزه‌خا حاڵیان وایه سه‌ردانه‌ویون له‌به‌ر کزی‌و داماوی ، له ژێره‌وه ئه‌ڕوانن بۆ ئه‌و ئاگری دۆزه‌خه • جا خاوه‌ن ئیمانه‌کان ئه‌ڵێن : به راستی زیانکار ئه‌و که‌سانه‌ن که خۆیان‌و خێزانیان له کیس چوه له ڕۆژی قیامه‌تا • بێداربنه‌وه سته‌مکاره‌کان وان له ناو سزایه‌کی زۆر ناباراو بێجگه له خودا هیچ که‌سێ له دۆست‌و یارمه‌تیده‌ریان نیه له سزای دۆزه‌خ رزگاریان بکا • وه هه‌رکه‌سێ خودا گومڕای بکا ئیتر هیچ ڕێگه‌یه‌کی پاذو پۆڕی نیه •

(اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لا مَرَدَّ
لَهُ مِنَ اللهِ ، ما لَكُمْ مِنْ مَلْجَأٍ يَوْمَئِذٍ ، وما لَكُمْ مِنْ
نَكِيرٍ (٤٧) فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظاً ، إِنْ
عَلَيْكَ إِلاَّ الْبَلاغُ ، وإِنَّا إِذا أَذَقْنا الإِنْسانَ مِنَّا رَحْمَةً
فَرِحَ بِها ، وإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِما قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ
الإِنْسانَ كَفُورٌ) (٤٨)

واتە فەرمانبەرداری خودای خۆتان بکەن لە پێش ئەوەدا کە رۆژێکی وایان بێ بگات کە گەڕانەوەی نیە لە لایەنی خوداوەو ، هیچ پەنایێ بۆ ئێوە نیە لەو رۆژەداو ناتوانن نارەزایی لەو وەزعە دەربڕن کە لەو کاتەدا دەیبینن ، جا ئەگەر ئەو کافرانە پشتیان لەم ئامۆژگارییانەی تۆ هەڵکرد ئەوە تۆ حەقت نەبێ ؛ چونکی ئێمە تۆمان نەناردوە بە پارێزەری ئەوان لە کوفر ، تۆ هەر راگەیاندنت لەسەرەو درێغیت نەکردوە لەو کارەدا • وە کاتێ ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە خێرو خۆشییەك بە ئینسانێ بچەژین پێی شادمان ئەبێ ، وە ئەگەر بەڵایەکی تووش بێ بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەوە کە پێشتر کردوونی ئەوە زۆر نائومێدو بێ حاڵ ئەبێ •

(لِلّهِ مُلْكُ السَّماواتِ والأَرْضِ ، يَخْلُقُ ما يَشاءُ ، يَهَبُ
لِمَنْ يَشاءُ إِناثاً ، ويَهَبُ لِمَنْ يَشاءُ الذُّكُورَ (٤٩) أَوْ
يُزَوِّجُهُمْ ذُكْراناً وإِناثاً ، ويَجْعَلُ مَنْ يَشاءُ عَقِيماً ، إِنَّهُ عَلِيمٌ
قَدِيرٌ) (٥٠)

واتە هەر بۆ خودایە موڵکی ئاسمانەکانو زەوی ، چی خواستی لەسەر بێ دروستی ئەکا ؛ نەتەوەی مێینە ئەبەخشێ بە بازە کەسێو ، نێرینە

ئه‌دا به‌ بازێکی تر ، یاخود بۆیان جووت ئه‌کا نێرینه‌و مێینه‌ ، وه‌ هه‌رکه‌سێکیش ئاره‌زووی لێ بێ ئه‌یکا به‌ نه‌زۆك • به‌ راستی خودا زاناو به‌ ته‌وانایه‌ •

(وما كانَ لِبَشَرٍ انْ يُكَلِّمَهُ اللهُ الاَّ وَحْياً ، اَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ، اَوْ يُرْسِلَ رَسولاً ، فَيوحِيَ بِإذْنِهِ ما يَشَاءُ ، اِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ) (٥١)

واته‌ نه‌بوه‌ بۆ ئاده‌میزاد كه‌ خودا قسه‌ی له‌گه‌ڵا بكا به‌ یه‌كێ له‌ سێ جۆر نه‌بێ :

یه‌كه‌م : قسه‌ی له‌گه‌ڵا بكا به‌ شێوه‌ی ئیلهام‌و مانا هاویتنه‌ ناو دڵه‌وه‌ به‌ بێ ئه‌وه‌ی كه‌سێ له‌ نێواندا بێ‌و ، به‌ بێ ئه‌وه‌ حه‌رف وه‌ربگیرێ ؛ وه‌كوو ئه‌وه‌ كه‌ وه‌حی نارد بۆ دایكی حه‌زه‌تی موسا • واته‌ تێگه‌یاندنی مه‌فهووم نه‌ك به‌ حه‌رف‌و له‌فز •

دووه‌م : ئه‌مه‌یه‌ قسه‌ی له‌گه‌ڵا بكا به‌ بێ واسیطه‌ی كه‌س به‌ڵام به‌ شێوه‌ی وه‌رگرتنی حه‌رف‌و ده‌نگ له‌ پشتی په‌رده‌وه‌ ، وه‌كوو ئه‌وه‌ كه‌ خودا قسه‌ی كرد له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تی موساداو ، وه‌كوو ئه‌وه‌یش كه‌ قسه‌ی له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تی محه‌مه‌دا كرد له‌ شه‌وی میعراجدا •

سێهه‌م : ئه‌مه‌یه‌ به‌ واسیطه‌ی كه‌سێكه‌وه‌ قسه‌ی له‌گه‌ڵا بكاو به‌ حه‌رف‌و ده‌نگ ، وه‌كوو ئه‌وه‌ فریشته‌یێ بنێرێ بۆ لای پێغه‌مه‌ره‌كه‌و فه‌رمایشتی خودای پێ بگه‌یه‌نێ ، وه‌كوو زانراوه‌ له‌ دینا خودا جوبره‌ئیلی ناردوه‌ بۆ لای پێغه‌مه‌ره‌كان له‌ ئاده‌مه‌وه‌ تا خاته‌م ـ د ـ و جوبره‌ئیل فه‌رمایشتی خودای گه‌یاندوه‌ به‌ پێغه‌مه‌ر ـ د ـ به‌ ئیذنی خودا ئه‌وه‌ی كه‌ خودا ویستی پێی بكا • به‌ راستی خودا به‌رزه‌ له‌ پایه‌داو خاوه‌ن حیكمه‌ته‌ له‌ كاره‌كانیا •

بزانن ! لەسەر ئەم تەقریرە قسەکردنی خودا لەگەڵ دایکی موسادا بە ئیلهام بەر کەلامی خودا کەوت لەگەڵ بەشەرا ، بەڵام دایکی موسایش نابێ بە پێغەمەر ؛ چونکی یەکێ لە مەرجی پێغەمەرێتی پیاوەتییە ..

وە قسەکردنی پێغەمەر لەگەڵ یەکە یەکەی گەلەکەیا بەر کەلامی خودا ناکەوێ لەگەڵ بەشەرا .

وە بازێ وتوویانە : مانای ئەم ئایەتە ئەمەیە : کە خوداقسە ناکا لەگەڵ بەشەردا بە وەحی بە واسیطەی جوبرەئیل یا لە پشتی پەردەوە نەبێ ، وەکوو قسەکردنی لەگەڵ موساو قسەکردنی لەگەڵ حەزرەتا لە شەوی میعراجا ، یاخود پەیامبەرێ لە بەشەر بنێرێ جا وەحی بنێرێ بۆ لای ئەو پەیامبەرە کە رەوانەی ئەکا ئەویش وەری ئەگرێو رای ئەگەیەنێ بە ئادەمیزادا ، لەم کاتەدا ئەڵێن خودا قسەی لەگەڵا کردوون ؛ چونکە بە واسیطەی پێغەمەرەکەوە قسەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادەدا کردوە کە لەو کاتەدا بوون .

(وكذلِكَ اَوْحَيْنَا اِلَيْكَ رُوحاً مِنْ اَمْرِنَا ، ما كُنْتَ تَدْرِي ما الْكِتابُ ولا الإيمانُ ، ولكِنْ جَعَلْنَاهُ نُوراً نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشاءُ مِنْ عِبادِنَا ، وِانَّكَ لَتَهْدِي اِلى صِراطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٢) صِراطِ اللهِ الَّذِي لَهُ ما فِي السَّماوَاتِ وما فِي الأَرْضِ ، اَلا اِلى اللهِ تَصِيرُ الأُمُورُ) (٥٣)

وە هەر بەو جۆرە باسمانکرد وەحیمان نارد بۆ لای تۆو کتێبێکی پیرۆزی وەهامان داپێت کە ئەبێ بە هۆی رۆحو ژیانی هەمیشەیی لە دڵی بەندەدا ، وە ئەم کتێبە پیرۆزەیش لە فەرمانی ئیحسانی منەوە دەرچوەو ، تۆ لەمەوبەر نەتئەزانی حەقیقەتی کتێبی خودایی چییەو نەتئەزانی حەقیقەتی باوەڕ بە خودا چییەو ، نەتبیستبوو کە خودای تەعالا کاتی خۆی ئیبراهیمی

کردوه به پێغه‌مه‌رو کۆمه‌ڵێ ئاده‌میزاد باوه‌ڕیان پێ‌کردوه • ئیتر ئاگاداری ئه‌وه نه‌بووی که کیتاب که‌لامی خودایه‌و ، حه‌قیقه‌ته‌که‌ی صیفه‌تی زاتی‌ی ئه‌وه‌و هاتنه‌خواره‌وه‌ی بۆ سه‌ر پێغه‌مه‌ران ئه‌بێ به هۆی پیرۆزی جیهان‌و به‌ختیاری ئاده‌میزاد • وه نه‌تئه‌زانی باوه‌ڕ بریتییه له زانستێکی وا هه‌موو دڵ داگیر بکاو پڕته‌وی بکات به (مشاعر) به جۆرێ خاوه‌نه‌که‌ی نوورانی بکا ، هه‌موو وتارو کرده‌وه‌یه‌کی بکا به هۆی فه‌ڕو پیرۆزی بۆ خاوه‌نه‌که‌ی ••• به‌ڵام ئێمه به ڕێژنه‌ی میهره‌بانی خۆمان دڵی تۆمان کرد به پڕته‌وگاو جیلوه‌گای ئه‌و کتێبه پیرۆزه‌و ئه‌و باوه‌ڕه‌و ، ئه‌و کتێبه یا ئه‌و باوه‌ڕه‌مان کرد به ڕوونا‌کییه‌ك ببێ به هۆی شاره‌زایی بۆ هه‌رکه‌سێ خواستمان له‌سه‌ر شاره‌زایی ئه‌وه بۆ ڕێگه‌ی ڕاست که ڕێگه‌ی ئیسلامه ، که ڕێگه‌ی خودایه‌کی وایه بۆ ئه‌وه به دارایی‌و ته‌صه‌ڕوف هه‌رچی وا له ئاسمانه‌کانداو هه‌رچی وا له زه‌ویدا • بێداربه‌ره‌وه هه‌ر بۆ لای خودایه گه‌ڕانه‌وه‌ی عالەم به فریشته‌و ئاده‌می‌و په‌ری‌و غه‌یری ئه‌وانیشه‌وه •

هه‌زاران ملیار سوپاسی لایق
ته‌قدیم بێ له بۆ باره‌گای خالیق
ئه‌و خودا که‌وا به میهره‌بانی
ڕه‌هبه‌رانی نارد بۆ زینده‌گانی
له بۆ ژیانی گیانی ئاده‌می
بۆ نیشاندانی ڕێگه‌ی سالمی
ڕێی سه‌لامه‌تی له مه‌کری شه‌یتان
بێ مه‌لامه‌تی له ده‌ردی جیهان
هه‌رکه‌س که‌وته دووی ئه‌و ڕه‌هبه‌رانه
ئه‌وه ئازادی هه‌ردوو جیهانه
(نامی) خادیمه بۆ ڕێگه‌ی ڕه‌هبه‌ر
هه‌ر له ئیسته‌وه تا ڕۆژ دێته‌ده‌ر

سوورەتی زوخروف لە سـوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتی ٤٥ نەبێ ، هەشتاو نۆ ئایەتە ، دوای سوورەتی (شوورا) هاتوەتـە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحیم

(حمٓ (١) وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ (٢) إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٣) وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ (٤) أَفَنَضْرِبُ عَنكُمُ الذِّكْرَ صَفْحاً أَن كُنتُمْ قَوْماً مُّسْرِفِينَ ؟!) (٥)

ئەم سوورەتە سوورەتی حامیمە ، سوێند بـەم قورئانە کە کتێبێکی دیاریو بەرزە ! ئێمە ئەم کتێبی تۆمانە کرد بە کتێبێکی بەرزی جیهانیو ، کردمان بە خوێنراوەیەکی عەرەبی بە هیوای ئەوە کە ئێوە عەقڵ بگرنو لە مەعناکەی تێبگەن ، یاخود خێرو شەڕی خۆتان بفامن ، وە ئـەو قورئانە عەرەبییە لە ناو (ام الکتاب)دا بە لای ئێمەوە زۆر پایەی بەرزەو خاوەنی حیکمەتە . جا ئایا لەبەر ئەوە کە ئێوە گەلێکی موسریفو دەس‌بڵاون ئێمە ئـەم قورئانەتان لێدوورئەخەینەوە کـە هـۆی زیکـرو باسی ئێوەیە بـە دوورخستنەوەی لە دڵتان ؟! نەخەیر ، ئێوە موسریف یا موخلیص بن ئێمە قورئانی خۆمانتان هەر بۆ ئەنێرین هەتا بیانووتان بە دەستەوە نەمێنێ .

(وكَمْ اَرْسَلْنَا مِنْ نَبِيٍّ فِي الأَوَّلِينَ ؟ (٦) وما يَأْتِيهِمْ مِنْ نَبِيٍّ اِلاَّ كانوا بِهِ يَسْتَهزِؤُنَ (٧) فَأَهْلَكْنَا اَشَدَّ مِنْهُمْ بَطْشاً ، ومَضى مَثَلُ الأَوَّلِينَ) (٨)

زۆرم رەوانەکرد لە پێغەمەران لە چەرخە پێشوەکانو لـە ناو خەڵکە پێشوەکاناو ، هیچ پێغەمەرێ نەئـەهات بۆ لایان ئیللا ئـەوان گاڵتەیان پێئەکرد • جا ئێمەیش قارمان لێگرتنو کامیان زۆرتر بە هەڵمەتو بە تین بوو لەناومان بردن • وە قسەو باسو بەسەرهاتی گەلە پێشوەکان کە من بۆم باسکردوون لە قورئاندا رابوردوە •

(ولَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ والأَرْضَ ، لَيَقُولُنَّ : خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ (٩) الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ مَهْداً، وجَعَلَ لَكُمْ فِيها سُبُلاً لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ(١٠) والَّذِي نَزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ ماءً بِقَدَرٍ ، فَاَنْشَرْنَا بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً ، كَذلِكَ تُخْرَجُونَ (١١) والَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا ، وجَعَلَ لَكُمْ مِنَ الفُلْكِ والأَنْعامِ ما تَرْكَبُونَ (١٢) لِتَسْتَوُوا عَلى ظُهورِهِ ، ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ اِذا اسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ ، وتَقُولُوا : سُبْحانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنا هذا ، ومَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ) (١٣)

ئەگـەر تۆ لـەو کافرانە بپرسیو بڵێی : کێ ئاسـمانەکانو زەوی دروستکردوە ؟ ئەوان بە تەئکیدەوە ئەڵێن : ئەو خودایە دروستی کردوون کە خاوەن عیزەتەو زانایە بە هەموو شتێ ، ئەو خودایە کە زەوی بۆ کردوون بـە بێشکەو شوێنی ئارامو ، چـەن رێگەی بۆ داناون بۆ ئـەوە بەسەریانا

بڕۆنو بگەن بە مەبەستی خۆتان ، بە هیوای ئەوە کە شارەزا بین بۆ مەبەستی ڕاست ، وە خودایەکی وەهایە لە ئاسمانەوە ئاوو بارانی بۆ باراندوون بە ئەندازەیێ قازانجی بیێو زیانی نەبێ ، وە بەو بارانە شارێکی وێرانو وڵاتێکی وشکی بێ گیاو بێ بەرمان ژیانەوەو زیندوو کردەوەو پڕمان کرد لە خێرو فەڕی ژیواری عالەم • جا ئێوەیش پاشەڕۆژ ئاوا لە گۆڕستان دەردێنو زیندووئەکرێنەوەو ئەبرێن بۆ سارای لێپرسینەوە • وە خودایەکی وەهایە کە هەموو جۆرێ لە مەخلووقاتی دروستکردوەو • لە کەشتیو گیانلەبەرانی گەورە ئەندازێکی وەهای دروستکردوە کە سوودیان لێوەرئەگرنو سواریان ئەبن •

ئەمەیشم بۆیە کرد کە تا ئێوە سواریان بینو رێگەو بانی وڵاتیان پێوە بگەڕێنو بیری نیعمەتو کەرەمی خودا بکەنەوە کاتێ کە لەسەریان دامەزرانو بڵێن : پاکیو بێ عەیبی بۆ ئەو خودایە کە ئەم ئاژەڵانەی بۆ ئێمە رامکردوەو ئێمە خۆمان بە بێ یارمەتیدانی خودا بۆمان رام نەکراون •

(وَاِنَّا اِلى رَبِّنا لَمُنْقَلِبُونَ) (١٤)

وە ئێمەیش کە ئەم کەشتیو وڵاخی سوارییانە بەکار دێنینو بە ئارەزووی خۆمان رائەبوێرین لە دنیادا هەر بۆ لای خوداو بۆ بارەگای ئەو ئەگەڕێینەوە •

(وجَعَلُوا لَهُ مِنْ عِبَادِهِ جُزْءً ، اِنَّ الإنْسانَ لَكَفُورٌ مُبِينٌ (١٥) اَمِ اتَّخَذَ مِمَّا يَخْلُقُ بَنَاتٍ وَاَصْفَاكُمْ بِالبَنِينَ (١٦) وَاِذا بُشِّرَ اَحَدُهُمْ بِما ضَرَبَ لِلرَّحْمنِ مَثَلاً ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وهُوَ كَظِيمٌ (١٧) اَوَ مَنْ يُنَشَّأُ فِي الحِلْيَةِ وهُوَ

فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ ؟ (١٨) وجَعَلُوا الْمَلائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبادُ الرَّحْمانِ اناثاً ، أشَهِدُوا خَلْقَهُمْ ؟ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ ويُسْأَلُونَ) (١٩)

ئەو کافرانە بڕیاریان‌داو دایان نا لە بەندەکانی خودادا بەشێ بۆ خودا ، یانی بڕیاریان وەها دا کە نەوەی بیێو مەلائیکەیش کچی خودا بن ، جا بە راستی ئینسان کافرێکی ئاشکرایە • ئایا خودا لە ناو ئەم جیهانی زەوی‌و ئاسمانەدا کە مەخلووقی ئەون‌و دروستی کردوون بۆ نەتەوە کچی بۆ خۆی‌و کوڕی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە ؟ کەچی کاتێ یەکێ لەوان ئەگەر موژدەی ئەوەی پێ بدرێ کە بۆ خودای ئەکرد بە (مەثەل) واتە پێی‌بوترێت : کچت بوە دەم‌و چاوی رەش دائەگیرسێ‌و دڵی پڕ ئەبێ لە قارو قین ، ئایا بڕیار ئەدرێ بۆ خودا کەسێکی وەها کە لە ناو خشڵی جوانا بژی‌ولەکاتی موجادەلەو بەیانی خۆیا لە موحاکەماتا ناتوانێ قسەی رەوان بکا ؟ وە ئەو مەلائیکەتانە کە بەندەی ساغی خودای میهرەبانن کردنیان بە مێینەو کچی خودا ! ئایا ئەم کافرانە حازرو ئاگادار بوون لە کاتی دروستکردنیانا هەتا بزانن کە مێینەن ؟ ئێمە لەمەولا شایەتی ئەنووسین‌و پرسیاریشیان لێ ئەکرێ لەسەر ئەم دوو درۆیە : یەکەم بەندەی دوور لە نێری‌و مێیان دانا بە مێ • دوەم دایان‌نان بە کچانی خودا ، لەگەڵ ئەوەدا خودا دوورە لە نەوەو پەیوەندی •

(وقالُوا : لَوْ شاءَ الرَّحمَانُ ما عَبَدْنَاهُمْ ، ما لَهُمْ بِذلِكَ مِنْ عِلْمٍ ، اِنْ هُمْ اِلاّ يَخرُصُونَ (٢٠) اَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتاباً مِنْ قَبْلِهِ فَهُمْ بِهِ مُسْتَمْسِكُونَ ؟ (٢١) بَلْ قَالُوا : اِنَّا وَجَدْنَا آباءَنَا على اُمَّةٍ ، وَاِنَّا على آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ) (٢٢)

وە کافرەکان ئەڵێن : ئەگەر خودا ئارەزووی وا بوایە کە تەنیا بەندەیی ئـەو بکەین‌و بەندەیی مەلائیکەکان نەکەین هەرگیز ئێمـە بەندەیی ئـەو مەلائیکانەمان نەئەکرد • وە ئەم قسە ئەکەن بە بیانوو بۆ بەندەیی‌کردنیان بۆ فریشتەکان‌و لە راستیدا ئەم قسە پووچ‌و بێ کەڵکە ؛ چونکە بەڵگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی بیروباوەڕ ئەبێ بە بەڵگەی وا بێ جێگەی گومان نەبێ‌و لـە (مقدماتی یقینی) دروست بکرێ • وە ئەم کەسانە قسەکانیان هەر لەسەر گومان‌و تەخمینە • ئایا ئێمە پێش قورئان کتێب‌و زانیارییێکی وامان پێداون شتی وای تێدا بێ تا دەستی پێوەبگرن‌و لەسەر یاسای ئەو بڕۆن بە رێدا ؟ نەخەیر ئەوانە ئەڵێن : ئێمـە باوک‌و باپیرەی خۆمانمان دیوە لەسەر شێوەو یاسایەک‌و ، تێکڕا لەسـەر ئـەو یاسایە رۆیشتوون‌و ، ئێمەیش شـارەزای شوێنەواری ئەوانین‌و بەو شوێنـەدا رێگەی خۆمانمان گرتوە • ئاشکرایە شوێنکەوتنی باوک‌و باپیرەی نەزان‌و بێ علم‌و کیتاب پووچ‌و بێ سوودە •

(وكذلكَ ما اَرْسَلْنا مِنْ قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ الاّ قالَ مُترَفُوها : اِنَّا وَجَدْنا آباءَنا على اُمَّةٍ ، وَاِنَّا عَلى آثارِهِمْ مُقْتَدونَ (٢٣) قالَ : اَوَلَوْ جِئْتُكُمْ بِاَهْدى مِمَّا وَجَدْتُمْ عَلَيْهِ آباءَكُمْ ؟ قالُوا : اِنَّا بِما اُرْسِلْتُمْ بِهِ كافِرُونَ (٢٤) فانْتَقَمْنا مِنْهُمْ ، فانْظُرْ كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ المُكَذِّبِينَ !) (٢٥)

وە نەبێ ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوە تایبەتی ئەمانە بێ لە زەمانی تۆدا ، بەڵکو ئێمـە هیچ پێغەمبەرێکمان لـە پێش تۆیشدا نەناردوە بۆ ترساندنی گەلەکەی لە سزای خودا لە هیچ ئاوەدانییەکدا ئیللا دەست‌ڕۆیشتوەکانیان ئەیانوت : ئێمە باوک‌و باپیرەی خۆمان لەسەر یاسایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی دیوەو ئێمەیش بە شوێنەوارای ئەوانا ئەڕۆین‌و ئەوان ئەکەین بە پێشەوای خۆمان •

جا ئەو پێغەمەرە پێی وتن : ئایا ئەگەر من شتێکیشم بۆ هێنابن کە بارەوهیدایەتتر بێ لەوەی کە باوکو باپیرەی خۆتاتان لەسەر دیوە هێشتا هەر لەسەر ئەو شوێنکەوتنە ئەمێننەوە ؟ ئەوانیش لە وەلامیا وتیان : بە راستی ئێمە باوەڕ ناکەین بەوەی کە ئێوە بۆتان هێناوینو شوێنکەوتنەکەی خۆمانمان لا چاکترە ! جا ئێمەیش تۆلەی ئەو کوفرەمان لێ سەندن ، دە تەماشای ئەنجامی ئەوانە بکەو بزانە ئەوانە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر نەبوو ئەنجامیان چۆن بو ؟ واتە زیانی دنیاو سزای رۆژی قیامەت بوو •

(وإذْ قالَ إبْراهيمُ لِأَبيهِ وقَوْمِهِ : إنَّني بَراءٌ مِمَّا تَعْبُدونَ (٢٦) إلاّ الَّذي فَطَرَني ، فَإنَّهُ سَيَهْدِينِ (٢٧) وجَعَلَها كَلِمَةً باقِيَةً في عَقِبِهِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) (٢٨)

باسی ئەو رووداوە بکە کاتێ کە ئیبراهیم بە باوکیو گەلەکەی وت : بە راستی من بەریو دوورم لەوەی ئێوە ئەیپەرستن ، ئەو خودایە نەبێ کە لە نەبوون دروستی کردووم ، بە راستی ئەو شارەزام ئەکا • ئیبراهیم ئەم وشەی بەندەیی بۆ خودای پەروەردگارەی لەناو نەتەوەو ئەولادی خۆیا هێشتەوە هەتا هەتایە ، بە هیوای ئەوە ئەوانەیان کافرن بە هۆی ئەوانەوە خوداپەرستن بگەڕێنەوە بۆ لای ئایینو خودابەیەکناسی •

(بَلْ مَتَّعْتُ هؤلاءِ وآباءَهُمْ حَتَّى جاءَهُمُ الْحَقُّ ورَسولٌ مُبِينٌ (٢٩) ولَمَّا جاءَهُمُ الْحَقُّ قالُوا : هَذا سِحْرٌ ، وإنَّا بِهِ كافِرُونَ) (٣٠)

نەخەیر نهێنی ئەم سەرکێشیو کوفرە ئەوەیە من دەمێ ساڵ گوزەرانی خۆشم داوە بەم کافرانەو بە باوکو باپیرەیشیان ، هەتا بانگی ئیسلامی هات

بۆ لایانو بانگ‌کران لـه لایه‌نی خوداوه‌و قورئانیان بۆ هـات‌و پێغه‌مه‌ری ئاشکرایان له‌گه‌ڵ موعجیزه‌دا بۆ هات ٠ جا کاتێ ئـه‌و راستییه‌یان بۆ هات وتیان : ئه‌م قورئانه جادووه‌و ئێمه باوه‌ڕی پێ ناکه‌ین !

(وقالوا : لَوْلا نُزِّلَ هذا القُرْآنُ عَلى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ! (٣١) اَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ ؟! نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدنْيا ، ورَفَعْنا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ ؛ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضاً سُخْرِيّاً ، ورَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ) (٣٢)

کافره‌کانی قوره‌یش وتیان : بۆچی ئه‌م قورئانه نه‌هاتوه بۆ پیاوێکی گه‌وره‌ی (مه‌که) یا (مه‌دینه) ؟ ئایا ئه‌وان ره‌حمه‌تی خودا به‌ش ئه‌که‌نه‌وه هه‌تا بـه گوێره‌ی ئاره‌زووی خۆیان پایه‌ی ره‌هبه‌ری بده‌ن بـه خه‌ڵك ؟! حاشا ! هه‌ر ئێمه‌ین که پایه‌ی بژیوو رۆزی دنیایان به‌سه‌را به‌ش‌ئه‌که‌ین‌و ، ئێمه‌ین بازێ له‌وان به‌رز ئه‌که‌ینه‌وه به‌سه‌ر بازێکیانا بۆ ئه‌وه که بازێکیان گاڵته بـه بازێکیان بکه‌ن لـه پایه‌ی ژیانی دنیاداو ، مادام هه‌رچی به‌رزی‌و نزمی دنیایه به ده‌ستی ئێمه‌یه‌و ئه‌وان له‌م کاره‌دا هیچیان پێ ناکرێ ٠٠ لـه کاری مه‌عنه‌ویدا وه‌کوو ره‌هبه‌ری‌و پێغه‌مه‌ری چییـان پێ ئه‌کرێ ؟ ده‌ی پێویسته هیچ قسه نه‌که‌ن‌و به به‌شی خودا رازی بن ٠ خودا پله‌و پایه به هه‌رکه‌س بدا ئاره‌زووی خۆیه‌تی‌و ، بزانه ئه‌و ره‌حمه‌ته‌یش خودا داویه‌تی به تۆ که پێغه‌مه‌رێتییه له هه‌رچی ئه‌و دنیایه که ئه‌وان گردی ئه‌که‌نه‌وه باشتره ٠

(ولَوْلا اَنْ يَكُونَ النَّاسُ اُمَّةً واحِدَةً لَجَعَلْنَا لِمَنْ يَكْفُرُ بِالرَّحْمنِ ـ لِبُيُوتِهِمْ ـ سُقُفاً مِنْ فِضَّةٍ ، ومَعَارِجَ

عَلَيْهَا يَظْهَرُونَ (٣٣) وَلِبُيُوتِهِمْ أَبْوَاباً وَسُرُراً عَلَيْهَا يَتَّكِئُونَ (٣٤) وَزُخْرُفاً ، وَإِنْ كُلُّ ذَلِكَ لَمَّا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ، وَالْآخِرَةُ عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُتَّقِينَ) (٣٥)

ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە ئادەمیزاد هەموو بین بە یەك کۆمەڵ کافرو لەبەر خۆشەویستی جوانی دنیا هەموو کافر بین .. سەرمیچی خانووی کافرەکانم بۆ ئەکردن بە زیوو ، چەن پلەکانی زیوم بۆ ئەکردن کە پیایانا سەرکەون بۆ هۆدەکانو بۆ سەربانو ، چەن دەرگای زیوینم بۆ هۆدەکانیان دروست ئەکردو چەن کورسی زیوینم بۆ ئەکردنو ... چەن جوانی تریشم بۆ ئەکردن . وە ئەگەر هەموو ئەمانەیشم بۆ بکردایەن هیچ نەدەبوون جگە لە مەتاو هۆی رابواردن لەم ماوەی ژیانی دنیاداو سوودێکی باشیان نەدەبوو ، وە خانووی پاشەڕۆژ بە رازاوەیی هەر بۆ ئەوانەیە کە لە خودا ئەترسنو خۆیان لە خراپە ئەپارێزن .

(وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَانِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ (٣٦) وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ ، وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ (٣٧) حَتَّى إِذَا جَاءَنَا قَالَ : يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ ؛ فَبِئْسَ الْقَرِينُ (٣٨) وَلَنْ يَنْفَعَكُمُ الْيَوْمَ ـ إِذْ ظَلَمْتُمْ ـ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ) (٣٩)

هەرکەسێ کوێر بێ لە تەماشاکردنی زیکری خودای میهرەبان ئەوە شەیتانێکی بۆ هەڵئەتێین ، جا ئەو شەیتانە هەر بۆ ئەو کەسە ئەبێ بە هاوڕێو ئەو کەسانە کە کوێرن لە عاستی زیکری خودادا ئەو شەیتانانە

مەنعیان ئەکەن لە ڕێگەی ڕاستو ، گومانیش ئەبەن کە شارەزانو ڕێگەی ڕاست ئەزانن ، تا کاتێ کـە ئـەو شەخسە کوێرە دێ بۆ لای ئێمە ئەڵێ : کاشکی بـە قەی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا لـە بەینی منو ئەو شەیتانەدا بوایە ، جا بۆی دەرئەکەوێ گەلێ زیانی لێکەوتوەو ئەو شەیتانە هاوڕێو هاودەمێکی زۆر بـەدو نابار بوە • وە ئـەو کاشکی‌کردنو ئاوات‌خوازتنە ئەمڕۆ هیچ سوودو قازانجێ نادا بە ئێوە ؛ چونکی ئێوە لە دنیادا ستەمتان لـە خۆتان کردو ڕێگەی ناڕاستتان گرت ، وە مادام لە ئەسبابی سزاکەدا هاوبەش بوون ئیمڕۆیش ئەبێ لە سزاکەدا هاوبەشو هاوڕێ بن •

(أَفَأَنْتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ . أَوْ تَهْدِي الْعُمْيَ . وَمَنْ كَانَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ؟! (٤٠) فَإِمَّا نَذْهَبَنَّ بِكَ . فَإِنَّا مِنْهُمْ مُنْتَقِمُونَ (٤١) أَوْ نُرِيَنَّكَ الَّذِي وَعَدْنَاهُمْ ، فَإِنَّا عَلَيْهِمْ مُقْتَدِرُونَ (٤٢) فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ ، إِنَّكَ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٤٣) وَإِنَّهُ لَذِكْرٌ لَكَ وَلِقَوْمِكَ ، وَسَوْفَ تُسْأَلُونَ) (٤٤)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئـەو کافرانە کەڕن لـە بیستنی ئایاتو کوێرن لە چاوپێکەوتنی موعجیزات ، جا ئایا تۆ ئەتوانی قسە بگەیەنی بـە گوێچکەی کەڕەکان ، یا ئەتوانی کۆمەڵی کوێران شارەزا بکەی بۆ ڕێگەی ڕاستو ، ئەتوانی ئەوانە کـە وان لـە گومڕاییەکی ئاشکرادا شارەزایان بکەی ؟! حاشـا ! ئەمانە بـە تۆ ناکرێن ، جـا یا بـە تەواوی تۆ لـەناودا هەڵئەگرینو ئەوسـا بـە تەواوی تۆڵەی ئەوەڵو ئاخریان لێ ئەسێنمەوە • یاخود بازێ لەوانەی کـە بەڵێنم داوەو بڕیارم داوە بەسەر کافرەکانیا بێنم نیشانتی ئەدەمو ، ئێمە هێزو تەوانایمان هەیە بەسەریانا •

تۆ هەر دەست توند بگرەو لەسەر بەجێهێنانی ئەوەی بۆت هاتوە بمێنەرەوەو بەردەوام بە ؛ چونکی بە راستی تۆ وای لەسەر رێگەی راستو رەوان ، وە ئەم قورئانەیش ناوو شۆرەتو پایەیە بۆ تۆو گەلەکەتو لەمەولا پرسیارتان لێئەکرێ لە بارەی قورئانو رەفتارکردن بە قورئانەوە ٠

(واسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا : أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَانِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ ؟) (٤٥)

ئەی خۆشەویست تۆ پرسیار لەوانە بکە کە لە پێش تۆدا هەناردوومن لە پێغەمەرەکانی ئێمە : ئایا بێجگە لە خودا چەن خودایەکی ترمان داناوە کە پەرستیاری بکرێن ؟

(ولَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسى بِآيَاتِنَا إِلى فِرْعَوْنَ ومَلَإِهِ ، فقَالَ : إِنِّي رَسُولُ رَبِّ العَالَمِينَ (٤٦) فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِآيَاتِنَا إِذَا هُمْ مِنْهَا يَضْحَكُونَ (٤٧) ومَا نُرِيهِمْ مِنْ آيَةٍ إِلاَّ هِيَ أَكْبَرُ مِنْ أُخْتِهَا ؛ وأَخَذْنَاهُمْ بِالعَذَابِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٤٨) وقَالُوا : يا أَيُّها السَّاحِرُ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِنْدَكَ ، إِنَّنَا لَمُهْتَدُونَ (٤٩) فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمْ العَذَابَ إِذَا هُمْ يَنْكُثُونَ) (٥٠)

جا خودا بۆ دڵدانەوەی حەزرەتو بۆ وەڵامدانەوەی ئەوە کە وتیان بۆچی ئەم قورئانە بۆ سەر دوو پیاوی گەورە نەهاتوە ٠٠ باسی موسای بۆ گێڕایەوەو فەرمووی : موسای کوڕی عیمرانمان نارد بۆ سەر فیرعەونو کۆمەڵەکەیو پێی فەرموون : من رەهبەرمو لە لای خودای جیهانەوە رەوانەکراوم ، کاتێ لەگەڵ موعجیزەیەکدا کە پێمدابوو چوە لایان ئەتبینی

پێی پێ ئه‌که‌نین‌و گاڵته‌یان به ئایه‌ته‌کان ئه‌کرد ! به دوای ئه‌وه‌دا گه‌لێ کاری گه‌وره‌و موعجیزه‌م پێ‌نیشان‌دان ، وه هه‌ر ئایه‌ت‌و نیشانه‌یه‌کیشم پیشان ئه‌دان له‌وه‌ی پێشوو گه‌وره‌تر بوو ، بۆ ئه‌وه که بترسن‌و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای خودا . وه ئه‌و ئایه‌تانه بریتی بوون له موعجیزه‌کانی حه‌زره‌تی موسا وه‌کوو عاساکه‌ی‌و ، ده‌ستی هه‌ڵگیرساوی‌و ... وه ئه‌و فیرعه‌ونه‌و کۆمه‌ڵه‌که‌یمان گرت به سزا وه‌کوو قاته‌ساڵی‌و ، به‌ره‌ڵابوونی کولله بۆ کشتوکاڵیان‌و ، جانه‌وه‌ر بۆ سه‌ر به‌رگ‌و پۆشاکیان‌و خوارده‌مه‌نییان به هیوای ئه‌وه بیر بکه‌نه‌وه‌و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ لای خودا ، که‌چی له به‌رانبه‌ری ئه‌م هه‌موو رووداوه‌دا فیرعه‌ون‌و کۆمه‌ڵه‌که‌ی به موسایان ئه‌وت : ئه‌ی جادووگه‌ر بانگ بکه با به هۆی ئه‌و پایه‌وه که هه‌ته له لای خودا به‌ڵکو ئه‌م سزامان له‌سه‌ر لابا ، جا کاتێ موسا دۆعای کردو سزاکه‌مان له‌سه‌ر لابرد ته‌ماشات ئه‌کرد ئه‌وان په‌یمانه‌که‌یان شکاندو گوێیان به دین‌و ئایین نه‌دا .

﴿ وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ : يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي ؟ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ؟ (٥١) أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِنْ هَٰذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ ، وَلَا يَكَادُ يُبِينُ ؟ (٥٢) فَلَوْلَا أُلْقِيَ عَلَيْهِ أَسْوِرَةٌ مِنْ ذَهَبٍ ؟ أَوْ جَاءَ مَعَهُ الْمَلَائِكَةُ مُقْتَرِنِينَ (٥٣) فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ ، إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ (٥٤) فَلَمَّا آسَفُونَا انْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ (٥٥) فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفًا وَمَثَلًا لِلْآخِرِينَ ﴾ (٥٦)

وه فیرعه‌ون جاڕی دا به ناو گه‌له‌که‌یاو وتی : ئه‌ی گه‌لی من ئایا سه‌رۆکایه‌تی وڵاتی میصر بۆ من نیه ؟ بڕوانن وام له‌م کۆشکه به‌رزه‌داو

جۆگەی ئاوی زەلاڵ لە ژێر تەختەکەمەوە ڕەوان ئەبێ ، ئایا من باشتر نیم لەم موسایە کە پیاوێکی سووكو بێ‌نرخەو لەوانە نیە بتوانێ لەبەر ناباری زمانی مەبەستی خۆی بدرکێنێو ئەوەی ئەیەوێ بیڵێ ؟

ئەگەر ڕاست ئـەکا کراوە بـە گەورەی ئایینی بۆچی چـەن بازنەی ئاڵتوونی نەخراوە بەسەرا ؟ واتە لەو چەرخەدا یاسا وا بوە پادشا هەرکەسێکی بکردایە بە گەورەی ناوچەیێ بازنی ئاڵتوونیان ئەکردە دەستیو ، گەردنبەندی زیو یا ئاڵتوونیان ئەکردە ملی ، بۆ نیشانەی پلەو پایەی • یاخود ئەگەر ئەم گەورەی دینە بۆچی کۆمەڵێ لە مەلائیکە نەهاتوون لەگەڵیا بەیەکەوە ؟ وە مادام هیچ کام لەوانەی نیە دیارە داواکەی درۆیە • جـا داوای کـرد لـە گەلەکەی لە بەرهەڵستی موسادا فەرمانبەریو پەیڕەوی بکەنو (گەلەکەی خۆی بە سووك سەیر کرد) ئەوانیش پەیڕەوییان کرد ، بە ڕاستی ئەوانە گەلێکی فاسق بوون • جـا کاتێ موخالەفەیان کـردینو قاریان جووڵانین تۆڵەمان لێ کردنەوەو لە ئاوی نیلدا هەموویانمان خنکاند • وە ئەوانمان کرد بـە پێشکەوتوو لـە فەوتانو پاشکەوتنی قیبطیەکاناو ، کردمانن بـە هۆی پەندو دەرز بۆ دواکەوتووان •

(ولَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلاً اذا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ (٥٧) وقَالُوا : أَآلِهَتُنا خَيْرٌ امْ هُو ؟ ما ضَرَبُوهُ لَكَ الاَّ جَدَلاً ، بَلْ هُمْ قَوْمٌ خَصِمُونَ (٥٨) اِنْ هُوَ الاَّ عَبْدٌ اَنْعَمْنَا عَلَيْهِ ، وجَعَلْنَاهُ مَثَلاً لِبَنِي اِسْرائِيلَ (٥٩) ولَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَا مِنْكُمْ مَلائِكَةً فِي الأَرْضِ يَخْلُفُونَ (٦٠) وِانَّهُ لَعِلْمٌ لِلسَّاعَةِ ، فَلا تَمْتَرُنَّ بِها واتَّبِعُونِ هذا صِرَاطٌ

مُسْتَقِيمٌ (٦١) ولا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ . إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ) (٦٢)

کاتێ له لایه‌نی (ابن زبعری)یه‌وه باسی حه‌زره‌تی عیسا ئه‌کرێ به خاوه‌ن مه‌ثه‌ل‌و پایه‌ی گه‌وره له‌و کاته‌دا گه‌له‌که‌ت که کافرانی قوره‌یشن له هۆی ئه‌و په‌ندو مه‌ثه‌له‌وه شادمان ئه‌بن‌و دێن به‌یه‌کاو ئه‌ڵێن : ئایا خوداکانی ئێمه که مه‌لائیکه‌کانه له عیسا باشترن یاخود عیسا له‌وان باشتره ؟ جا ئه‌و کافرانه وه‌کو (ابن زبعری)و هاوبیره‌کانی باسی حه‌زره‌تی عیسایان نه‌ئه‌هێنایه پێشه‌وه بۆ ئه‌وه نه‌بێ بیکه‌ن به هۆی موجاده‌له‌و هاوردوبردی قسه‌و تا له‌و ڕێگه‌وه زاڵبن به‌سه‌رتانا •

(ابن زبعری) وتی به حه‌زره‌ت : که گاوره‌کان عیسای کوڕی مه‌ریه‌م ئه‌په‌رستن‌و ئێمه مه‌لائیکه‌کان ئه‌په‌رستین‌و مه‌لائیکه‌کان له عیسا باشترن‌و په‌رستیاری مه‌لائیکه عه‌یبی تیا نیه ، وه ئه‌م باسه‌یان بۆ ئه‌وه له‌گه‌ڵ تۆدا کرد تا سه‌رکه‌ون به‌سه‌رتاو ده‌مکوتت بکه‌ن ، به‌ڵام من پێتان ئه‌ڵێم : نه مه‌لائیکه شیاوی په‌رستیارییه‌و نه عیسای کوڕی مه‌ریه‌م • عیسی هیچ نیه ئه‌وه نه‌بێ به‌نده‌یه‌که ئێمه نیعمه‌تمان به‌سه‌ردا ڕژاندوه‌و کردوومانه به خاوه‌ن مه‌ثه‌ل بۆ به‌نی‌ئیسرائیل‌و کردمان به نموونه‌یه‌کی تایبه‌تی جیهان که به بێ باوك دروستمان کرد ، وه ئه‌گه‌ر خواستمان له‌سه‌ری بێ بازێ له ئێوه‌م ئه‌کرد به مه‌لائیکه‌ی وه‌ها له‌سه‌ر زه‌ویدا ببوونایێ به جێگری ئێوه‌و دوای ئێوه بمانایێ •

واته هه‌رچه‌ن حاڵی حه‌زره‌تی عیسا سه‌رسوڕهێنه‌ره به‌ڵام خودا نه‌وانایه به‌سه‌ر شتی له‌وه سه‌رسوڕهێنه‌رترا ، به‌هه‌ر حاڵ ئه‌مانه چ عیساو

چ مەلائیکە هەموو بەندەی خودانو کەسیان شیاوی ئەوە نین کە پەرستیاری بکرێن •

وە وجوودی عیسا نیشانەیەکە لە نیشانەکانی قیامەتو گومانو دوودڵی مەکەن لە پاشەڕۆژاو پاشەڕۆژ وەسیلەی بەجێهاتنی عەدالەتە ، وە پەیڕەوی شەریعەتی یا کیتابی من یا پێغەمەری محەمەد بکەن ، ئەمەیە ڕێگەی ڕاست ، وە ئاگاتان لە خۆتان بێ تا شەیتان لاتان نەدا لە ڕێگەی ڕاستو دوورتان نەخاتەوە لە پەیڕەوی حەق ، بە ڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە •

بزانن ! وشەی (وانه لعلم للساعة) بە چەن شێوە مانای لێدراوەتەوە :

یەکێکیان ئەمەیە : کە وجوودی عیسا مایەی زانستە بە نزیکی پاشەڕۆژ ، لە واقیعا ئەو زاتەو حەزرەتی محەمەد هەردووکیان لە نزیکی قیامەتا هاتوون •

یەکێکی تریان ئەمەیە : کە پەیدابوونی عیسا لەناو گەلی حەزرەتی محەمەدا لە ئاخرزەمانا نیشانەی پاشەڕۆژە • لە حەدیثی پیرۆزا هەیە کە عیسا لە ئاسمان دێتەخوارەوە بۆ سەر شوێنێ لە خاکی پیرۆزی شاماو ڕمێکی بە دەستەوەیەو بەو ڕمە (دەجال) ئەکوژێ • جا ئەچێ بۆ (بيت المقدس)و لەو کاتەدا موسوڵمانان خەریکی نوێژی سبەینێنو پێش نوێژەکە دێتە پاشەوەو عیسا ئەیخاتەوە پێشو لە دوایەوە نوێژ ئەکا لەسەر شەریعەتی حەزرەتی محەمەد ـدـ ، جا فەرمان ئەدا بە کوشتنی بەرازو لابردنی چاخو ، لە گاورەکان ڕازی نابێ بە موسوڵمانبوونو شوێنکەوتنی ئایینی حەزرەتی محەمەد ـدـ نەبێ •

(ولَمَّا جاءَ عِيسى بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ : قَدْ جِئْتُكُمْ بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ ، فَاتَّقُوا اللهَ وَأَطِيعُونِ (٦٣) إِنَّ اللهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ ، فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ (٦٤) فَاخْتَلَفَ الأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ ، فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ عَذَابِ يَوْمٍ أَلِيمٍ) (٦٥)

جا کاتێ عیسا ـ د ـ به‌و موعجیزه رووناکانه‌وه وه‌کوو : زیندووکردنه‌وه‌ی مردوو ، چاککردنه‌وه‌ی کوێری سکوماو ، خۆشکردنه‌وه‌ی نه‌خۆش‌و ، ساڕێژبوونه‌وه‌ی به‌ڵه‌کی‌و غه‌یری ئه‌مانه له حیکمه‌ت‌و ده‌رزی دین ... هات بۆ لایان فه‌رمووی به گه‌له‌که‌ی : وا من له لای خوداوه هاتووم بۆ لای ئێوه به ده‌رزی حیکمه‌ت ، که مه‌به‌س یا شه‌ریعه‌تی ئاسمانییه به گشتی ، یا هه‌ر کتێبی ئینجیله ، یا باقی زانیاری شه‌خصی خۆیه‌تی له‌گه‌ڵیاناو ، هه‌رواهاتووم بۆ ده‌ربڕینی بازێ له‌وانه که ئێوه جیاوازیتان هه‌یه تیایانا ، ده‌ی له خودا بترسن‌و په‌یڕه‌ویم بکه‌ن . به ڕاستی خودا دروستکه‌ری من‌و ئێوه‌یه‌و به‌نده‌یی ئه‌و بکه‌ن ، ئه‌مه ڕێگه‌ی ڕاسته‌و خودا وه‌ری ئه‌گرێ . جا به دوای ئه‌م به‌یانی حه‌زره‌تی عیسادا ـ د ـ ئه‌و تاقم‌و کۆمه‌ڵانه که له وڵاته‌که‌دا بوون له‌ناو خۆیانا تێکچوون‌و بازێکیان باوه‌ڕیان به حه‌زره‌تی عیسا کردو بازێکیان باوه‌ڕیان پێ نه‌کرد . جا هاوار بۆ ئه‌وانه که سته‌میان له خۆیان کرد به ئینکاری ئه‌و په‌یامانه‌ی له لای خوداوه هاتوون‌و ، سته‌میشیان له خه‌ڵك کرد به تێکدانی دڵیان ، هاوار بۆ ئه‌وانه له سزای سه‌خت‌و به ئازاری ڕۆژی قیامه‌ت .

(هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَنْ تَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ؟) (٦٦)

ئایا ئەو کافرانە جگە لەوە کە رۆژی قیامەت لە پڕێکدا بێت‌و یەخەیان بگرێ چاوەڕێی شتێکی‌تر ئەکەن ؟

(الأَخِلاَّءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلاَّ الْمُتَّقِينَ (٦٧) يا عِبَادِ لا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ولا أَنْتُمْ تَحْزَنُونَ (٦٨) الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنا وكانُوا مُسْلِمِينَ (٦٩) ادْخُلوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ (٧٠) يُطافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ، وفِيها ما تَشْتَهِيهِ الأَنْفُسُ وتَلَذُّ الأَعْيُنُ ، وأَنْتُمْ فِيها خَالِدُونَ (٧١) وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٧٢) لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِنْهَا تَأْكُلُونَ) (٧٣)

جا لەو رۆژی قیامەتەدا ئەم دۆستانە کە وان لە خۆشیدا لە دنیادا لەو رۆژەدا ئەبن بە دوژمنی یەکتر ، واتە بازێکیان ئەبێ بە دوژمنی بازێکیان ؛ چونکە ئەو پەیوەندی دنیایە نامێنێ ، بۆ ئەوانە خودا بانگیان ئەکاو ئەفەرموێت : ئەی بەندەکانی من ! ئەی کەسانێ کە ترسی خودا وا لە دڵتاناو خۆتان ئەپارێزن هیچ ترستان لە خراپەیێ نەبێ کە لە پاشەڕۆژا رووتان تێ‌بکاو هەرگیز بۆ شتێ زویر مەبن کە بەجێتان هێشتوە . ئەم بانگە بۆ ئەو بەندانەیە کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە بوەو پەیڕەوی یاساکانی ئیسلامیان کردوە . فەرموون بڕۆنە ناو بەهەشتەوە ، خۆتان‌و ژنەکانتان‌و لەوێدا شادمانن بە شادمانییەکی زۆرو ، چەند کاسەی ئاڵتوون‌و چەن گۆزەو پەرداخی بێ دەست‌و لوولە ئەگێڕێ بە دەورتاناو ، لە بەهەشتەکەیشتانا هەیە ئەوەی کە دڵی ئێوەی بۆ بچێ‌و ئارەزووی بکەن‌و ،

چاو بۆی بڕوانێو لەزەتی پێبگەیەنێو ، ئێوە لەو بەهەشتەدا نەمرن • وە ئەم بەهەشتانەی ئێوەی وان تیا ئەو بەهەشتانەن کە بە هۆی رەفتاری باشی خۆتانەوە دەستان‌کەوتوون • وە لەو بەهەشتەدا بۆتان هەیە میوەیەکی زۆری وەها کە لەوانە ئەخۆنو ، ئەو بەهەشتانەتان بۆ رازاوەتەوەو بۆتان ئارایش‌دراوەو بوە بە بەش‌و بەرات‌و میراتتان بە هۆی کردەوەو رەفتارتانەوە لە دنیادا •

(إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي عَذَابِ جَهَنَّمَ خَالِدُونَ (٧٤) لا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ . وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ (٧٥) وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ ؛ وَلَكِنْ كَانُوا هُمُ الظَّالِمِينَ (٧٦) وَنَادَوْا : يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ، قَالَ : إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ (٧٧) لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ ؛ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ) (٧٨)

وەکوو چۆن موسوڵمانە بێتاوانەکان وان لەو بەهەشتی رەحمەتی پڕ لە نازو نیعمەتەدا •• تاوانبارەکانیش کە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام نەدەکرد ئەوانیش وان لە دۆزەخاو تیا ئەمێننەوە هەتا هەتایەو ، سزایان لەسەر سووك ناکرێو هیوای رزگاربوونیان لەو سزا نیە • وە ئێمە بەم تۆڵەسەندنەوە لەو کافرانە ستەممان لێ نەکردوون بەڵام ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد • وە ئەو کافرانە بانگ لە دەرگاوانی دۆزەخ ئەکەنو ئەڵێن : ئەی مالیك داوا لە خودای خۆت بکە با فەرمانی لەناوبردنی هەمیشەیی بدا بەسەرماناو لەم سزا رزگار بین ! ئەویش ئەڵێ : نە ، نە ، ئەبێ لەم شێوەو سزادا بمێننەوە ، کاتی خۆی ئێمە حەقمان بۆ هێنانو هاوارمان لێ کردن کە خوداو یەکێتیو خودابەیەکناسین راستەو ، پێغەمەرێتی راستەو قورئان راستەو باوەڕیان پێ بکەن ، بەڵام ئێوە سەرکێشیتان کردو زۆربەتان ئەم

حەقەتان پشت گوێ خستو بە ناشیرین تەماشاتان کردو ، بڕیارتان دا هەتا هەتایە ئێوەو ئەو باوەڕە یەك ناكەون ، جا خودا لە بەرانبەری ئەو بیروباوەڕی هەتا هەتای ئێوەوە ئەم ئازارە هەتاهەتاییەی بۆ داناونو پێویستە تیا بمێننەوە •

(اَمْ اَبْرَمُوا اَمْراً ؟ فَإِنَّا مُبْرِمُونَ (٧٩) اَمْ يَحْسَبُونَ أَنَّا لا نَسْمَعُ سِرَّهُمْ ونَجْوَاهُمْ ! بَلى وَرُسُلُنا لَدَيْهِمْ يَكْتُبُونَ (٨٠) قُلْ : اِنْ كَانَ لِلرَّحْمانِ وَلَدٌ فَأَنَا اَوَّلُ العَابِدِينَ (٨١) سُبْحانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ رَبِّ العَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (٨٢) فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا ويَلْعَبُوا حَتَّى يُلاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي يُوعَدُونَ) (٨٣)

یا خەیر ئەو کافرانە بێجگە لەوەی خۆشیان لە ئایینی ئیسلام نەدەهات شتێکی تریان لەناو خۆیانا دامەزراند وەکوو دوژمنایەتی دینو خاوەنەکەی بێ ، مادام ئەوان وایان کردوە ئێمەیش شتێکمان بۆ ئەوان بڕیار داوە وەکوو تۆڵەی دۆزەخ بێ•یا خەیر گومانیان وایە کە ئێمە ئاگاداری ئەوان نینو قسەی ئاشکراو پەنامەکی ئەوان نابیسین ، نەخەیر فریشتە فوروستادەکانمان وان بەلایانەوە بیرو باوەڕو وتارو کردەوەی ئەوان ئەنووسن •

ئەی رەهبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو کافرانە : کە بڕیاری ئەوەتان داوە مەلائیکە کچانی خودا بن ئەمە ئێوە دەیڵێن راست نیە ؛ چونکی خودا بێ نیازە لە نەتەوەو ، ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ خودای میهرەبان نەتەوەی بێ ئەوە من یەکەم کەسێکم کە بەندەیی بۆ بکەم ؛ چونکە رەهبەران لە هەموو کەسێ باشتر زانان بەوەی بۆ خودا

ئه‌شێ یا ناشێ ، به‌ڵام شتی وه‌ها نه‌بوه‌و نابێ ؛ چونکه بێ‌نیاز له‌گه‌ڵ نیازمه‌ندا یه‌ك ناکه‌ون‌و موناسه‌به‌یان نیه •

په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌کان‌و زه‌وی‌و په‌روه‌ردگاری عه‌رش پاك‌و خاوێن‌و دووره له‌و هاوبه‌ش‌و وێنانه که کافران به گومان بۆ خودایان بڕیار ئه‌ده‌ن‌و باسیان ئه‌که‌ن •

زاتێ که وه‌صفی بێ‌نیشانی بێ
ئه‌بێ چۆن مه‌خلووق به هاوشانی بێ ؟
ئه‌م خه‌یالاته هه‌موو ئه‌وهامن
هه‌موو له بیری گه‌لی عه‌وامن

ده‌ی مادام ئه‌وان هه‌ر وا له‌سه‌ر بێ‌شوعووری ئه‌ڕۆن‌و نووری ره‌هبه‌ر وه‌رناگرن لێیان بگه‌ڕێ تا رۆچن به‌م بیره تاریکه‌داو له‌گه‌ڵ هاوقه‌تاره‌کانیانا گاڵته بکه‌ن هه‌تا ئه‌گه‌ن به‌و رۆژه ره‌شه که واده‌یان پێ‌دراوه •

(وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ ، وَفِي الأَرْضِ إِلَهٌ ، وَهُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ (٨٤) وَتَبَارَكَ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ، وَعِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ ، وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٨٥) وَلا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الشَّفَاعَةَ إِلاَّ مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ ، وَهُمْ يَعْلَمُونَ) (٨٦)

ئه‌و خودای جیهانه خودایه‌که مه‌عبووده بۆ ئه‌نبیاو ئه‌ولیاو رۆشنبیران له ئاسماناو له زه‌ویداو ، جیهان له‌به‌ر ته‌واناییی ئه‌وا رامه‌و ، خودایه‌که خاوه‌ن حیکمه‌ته‌و خاوه‌ن زانسته به هه‌موو شتێ که‌م‌و زۆر • وه زۆر

گەورەیە ئەو خودایە کە دارایی ئاسمانو زەوی ، هەرچۆن بنو هەرچەن بنو ، دارایی نێوان ئەوانیش بۆ ئـەوە • وە زانستی کاتی هاتنی رۆژی قیامەتو بـەربادبوونی ئـەم جیهانـە لای ئـەو خودایـەو ، بۆ لای ئـەو خودایەو ، بۆ لای ئەو ئەگێڕرێنەوە • وە ئەو بتو مەلائیکانە ئەوان هیوای تکاو شەفاعەتیان پێیان هەیەو بانگیان ئەکەنو بە هۆی ئەوانەوە لـە خودا لائەدەن هەرگیز خاوەنی هیچ نینو دارای تکاکاری نین بۆ ئەوان ، ئـەو فریشتانە نەبێ کە شایەتی بدەن بـە حەقو ئەدای ئیمانهێنانی ئـەو کافرانە بکەنو بە راستی بزانن کە ئیمانیان هێناوە ، ئەوسا لەوانەیە کە مەلائیکە شەفاعەتیان بۆ بکەن •

واتە هەرکام لەم کافرانە ئیمان بە خودای تەنیا بێنێو فریشتەکان بەم ئیمانەیان بزانن ئەوسا تکایان بۆ ئەکەن لەلای خودادا ئەگەر تاوانێکیان بێ لە پاش ئیمانهێنانیان بە حەق •

(ولَئِن سأَلتَهُم : مَن خَلَقَهُم ؟ لَيَقُولُنَّ اللهُ . فأنَّى يُؤفَكُونَ ؟ (٨٧) وقِيلِهِ : يا رَبِّ إنَّ هؤلاءِ قَومٌ لا يُؤمِنُونَ (٨٨) فاصفَح عَنهُم ، وقُل سَلامٌ . فَسَوفَ يَعلَمُونَ) (٨٩)

وەکـوو ئـەو بیرو باوەڕە بێنرخانەیش دەرئەخەن ئەگـەر تۆ بێی پرسیاریان لێ بکەیتو بڵێیت : کێ دروستی کردوون ؟ بە پشتەسووریو چاوڕوونییەوە ئەڵێن : خودای جیهان دروستی کردووین • جا لەگەڵ ئـەم باوەڕەدا چۆن لە بەندەیی خودا هەڵئەگێڕێنەوە بۆ بەندەیی دارو بەرد ؟

وه هه‌ر وه‌کوو خودا زانایه به رۆژی جه‌زاو پاداش که قیامه‌ته زانایشه به خۆشه‌ویستی خۆی که حه‌زره‌تی محه‌مه‌ده ، که هاوار ئه‌کا ئه‌لّێت : ئه‌ی په‌روه‌ردگاری من به راستی ئه‌م بتپه‌رستانه گه‌لێکن ئیمان نایه‌نن ، وه مادام زانایه به رۆژی پاداش‌و تۆله‌و زانایشه به پاڕانه‌وه‌ی تۆ . لایان لێ بگره‌و بانگیان مه‌که‌و واته‌یێ بلّێ که له‌سه‌ر ئارامی بێ له‌مه‌ولا به ئه‌نجامی بیرو باوه‌ڕو کرده‌وه‌ی شه‌ڕی خۆیان ئه‌زانن .

سوورەتی (دوخان) لـە سـوورەتە مەکەییەکانە ، (٥٩) ئایەتە ، دوای سوورەتی زوخروف هاتوەتە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(حم (١) والْكِتَابِ الْمُبِينِ (٢) إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُبَارَكَةٍ ، إِنَّا كُنَّا مُنْذِرِينَ (٣) فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ (٤) أَمْراً مِنْ عِنْدِنَا ، إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ (٥) رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ ، إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٦) رَبِّ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ ، ومَا بَيْنَهُمَا إِنْ كُنْتُمْ مُوقِنِينَ (٧) لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ ، رَبُّكُمْ ورَبُّ آبَائِكُمُ الأَوَّلِينَ) (٨)

ئەم سوورەتە سوورەتی حامیمە ، سوێند بەو قورئانە کـە حەقیقەتی بیروباوەڕو کردەوەی باش دەرئەخاو لە بیرو باوەڕو کردەوەی خراپیان جیا ئەکاتەوە ، ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوێکی پیرۆزا ناردوەتە خوارەوەو ئێمە ترسێنندەی هۆشیاران بووین لە سزا ، وە لەو شەوەدا هەر کارێکی خاوەن حیکمەت هەبێ جیا ئەکرێتەوە بۆ جێبەجێکردن ، وە ئەو کارە کارێکە لە لایەنی ئێمەوە صادیر کراوە ئەبێ بێتە جێگەو بە راستی ئێمە پێغەمەر بۆ ئەوە ئەنێرین ببێ بە پڕتەوی فەڕو پیرۆزی لە جیهاناو ببێ بە هۆی رووناکی دڵو ئارامیو رەحمەت لە لایەنی پەروەردگاری تۆوە ، بە راستی خـودا بیسەرەو زانایە بـە هەموو کارو بارێ . وە ئـەو خودایە پەروەردگاری

ئاسمانەکانو زەویو ناوبەینی ئـەوانە ئەگـەر باوەڕتان هـەیە • وە هیچ خودایێ نیە ئـەو نـەبێ ، مردوو زیندووئـەکاتەوەو زینـدوو ئـەمرێنێ ، پەروەردگاری ئێوەو باوكو باپیرە پێشینەکاتتانە •

بزانن ! لە دیاریکردنی ئەو شەوە پیرۆزەدا چەن قسە هەیە :

یەکەم : ئەو شەوی (لیلة القدر)ەیە کە لە مانگی رەمەزانی پیرۆزایە ، بە چەن بەڵگە :

١ ـ خـودا فـەرموویەتی : (انا انزلناه في ليلة القـدر) ، وە لـەم سوورەتەیشا فەرموویـەتی : (انا انزلناه في ليلة مباركة) ، کـە وابێ پێویستە ئەو شەوە پیرۆزە (لیلة القدر) بێ ، هەتا ناجۆری لە ئێوانی ئەو دوو ئایەتەدا پەیدا نەبێ •

٢ ـ خودا فەرموویەتی : (شهر رمضان الذي انزل فيـه القرآن)و بەیانی ئەوەی کردوە هاتنەخوارەوەی قورئان لە مانگی رەمەزانا بوەو لەم سوورەتەیشا فەرموویەتی : (انا انزلناه في ليلة مباركة) کە وابێ ئەبێ ئەو شەوە پیرۆزە لە مانگی رەمەزانی پیرۆزا بێ تا ئایەتەکان یەك بکەون •

٣ ـ خودا لە باسی شەوی (لیلة القدر)ا فەرموویەتی : (تنزل الملائكة والروح فيها باذن ربهم من كل امر سلام)وە لەم سوورەتەیشا فەرموویەتی : (فيهـا يفرق كل امر حكيم) • وە ئـەمە موناسبە بۆ فەرموودەی خودا (تنزل الملائكة والروح فيها)وە لەم سوورەتەدا فەرموویەتی : (امرا من عندنا)وە لە سوورەتی (قەدر)دا ئەڵێ : (بأذن ربهم من كل امر) • وە لەم سوورەتەدا ئەفەرموێ : (رحمة من ربك)وە لەوێ ئەڵێ : (سلام هى) • وە مادام باسو وەصفەکان نزیکی یـەکن پێویستـە مەوصوفـەکانیش یەکێ بن •

٤ ـ طه‌به‌ری له ته‌فسیره‌که‌یا له قه‌تاده‌وه ئه‌گێڕێته‌وه که : صه‌حیفه‌کانی ئیبراهیم له یه‌که‌م شه‌وی ره‌مه‌زانا هاتوونه‌ته خواره‌وه‌و ، ته‌ورات له شه‌وی شه‌شی ره‌مه‌زانا هاتوه‌ته خواره‌وه‌و ، زه‌بوور لـه دوازده‌یاو ، ئینجیل لـه هه‌ژده‌ی ره‌مه‌زاناو ، قورئان له بیست‌وچواری ره‌مه‌زانا هاتوه‌ته خواره‌وه • که واته پێویسته ئه‌و شه‌وه پیرۆزه (ليلة القدر)بێ •

٥ ـ (ليلة القدر) بۆیه به‌و ناوه ناوبراوه ؛ چونکه قـه‌در شه‌ره‌فی گه‌وره‌یه له لای خودای ته‌عالاو دیاره شه‌ره‌فی کات له به‌ر زاتی خۆی نیه ؛ چونکی هه‌موو کاتێ هه‌ر کاته ، به‌ڵکو له‌به‌ر شه‌ره‌فی ئه‌و شته‌یه که له‌و کاته‌دا بوه وه‌کوو هاتنه‌خواره‌وه‌ی قورئان که یاسایه‌که ئه‌بێ به هۆی ژیانی پیرۆزانه‌ی ئاده‌میزادو بوه به هۆی دامه‌زرانی په‌یام‌و پێغه‌مه‌رێتی حه‌زره‌تی محه‌مه‌د که (رحمة للعالمين) د • وه بوه به هۆی زانست‌و کرده‌وه‌ی باش‌و به‌نده‌یی بۆ خودا • که وابێ ئه‌گه‌ر قورئان له شه‌وێکی ترا غه‌یری (ليلة القدر) بهاتایه‌ته خواره‌وه ئه‌بوا ئه‌و شه‌وه گه‌وره بوایه نه‌ك (ليلة القدر) که وابێ پێویسته که (ليلة القدر)و (ليلة مباركة) یه‌كێ بن •

قسه‌ی دوه‌م ئه‌وه‌یه که : شه‌وی پیرۆز شه‌وی نیوه‌ی مانگی شه‌عبانه‌و ، عوثمانی کوڕی موغیره ئه‌گێڕێته‌وه که حه‌زره‌ت ـدـ فه‌رموویه‌تی : ئاکام‌و کۆتایی ژیانی ئینسان له‌م شه‌عبانه‌وه بۆ ئه‌و شه‌عبان بڕیار ئه‌درێ •

وه له حه‌زره‌ته‌وه ریوایه‌ت کراوه که شه‌وی نیوه‌ی شه‌عبان هات ، شه‌وه‌که‌ی زیندووبکه‌نه‌وه به به‌نده‌یی خوداو ، رۆژه‌که‌ی به‌ڕۆژوو بن ؛ چونکی خودا جیلوه‌ی به‌هره‌و به‌خششی خۆی له‌م شه‌وه‌دا بۆ به‌نده‌کانی خۆی ده‌رئه‌خا •

وه ئـه‌و شه‌وه چوار ناوی هـه‌یه : (الليلة المباركة) له‌بـه‌ر فـه‌ڕو پیرۆزی • (ليلة البراءة) ؛ چونکی شـه‌وی رزگارییه لـه تاوان • (ليلة

الصك) لەبەر ئەوە چەکی عەفو ، واتە نامەی بەخشینی تاوانبارانی تێدا دێتە خوارەوە • (لیلة الرحمة) لەبەر میهرەبانی خودا تیایا • بەڵام ریوایەتەکانی ئەم قسە دامەزراو نین‌و جێگەی قسەن •

وە لە تەفسیری قورطوبیدا ئەڵێ : قورئان هەمووی لە نیوەی مانگی شەعباندا هاتوەتە خوارەوە بۆ (بیت العزە) لە ئاسمانی یەکەم ، جا بە پێی پێویست لە شەوی (لیلة القدر) لە مانگی رەمەزانا دەستکراوە بە هاتنەخوارەوەی تا بە بیست‌و سێ ساڵ تەواو بوە • جا ئەگەر ئەم قسە بەڵگەیەکی بەهێزی هەبێ ئەوە ئەبێ بە هۆی یەکخستنەوەی ئەو ریوایەتانە کە بازێ لەوان لەسەر نیوەی شەعبانەو بازێکیان لەسەر شەوی (لیلة القدر)ەو هەردووکیان دائەمەزرێن •

(بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ يَلْعَبُونَ (٩) فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ (١٠) يَغْشَى النَّاسَ ، هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ (١١) رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ (١٢) أَنَّى لَهُمُ الذِّكْرَى وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُبِينٌ ؟ (١٣) ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَجْنُونٌ ! (١٤) إِنَّا كَاشِفُوا الْعَذَابِ قَلِيلاً . إِنَّكُمْ عَائِدُونَ (١٥) يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى ، إِنَّا مُنْتَقِمُونَ) (١٦)

بەڵکو ئەو کافرانە وان لە ناو گومانی بەداو لە ناو دوودڵیدا لە وجوودی خوداو یەکیەتی خوداداو ، گاڵتە ئەکەن بە ژیانی خۆیانو ، لە شتی بێ‌سوودا زایەی ئەکەن • جا تۆ چاوەڕێ بکە بۆ رۆژێ کە ئاسمان لەبەر بێ‌بارانی تۆزێکی رەشی بەدرەزا دێنێ بەسەر زەویدا کە هەموو کەس

به چاو ئه‌بینیٚ‌و سه‌راسه‌ر جیهان دائه‌گریٚ ، وه ئه‌وه هۆی سزایه‌کی بـه‌ ئێشی نابارەو ئه‌و خه‌ڵکه‌یش هاوار ئه‌که‌ن‌و له خودا ئه‌پاڕێنه‌وه‌و ئه‌ڵێن : په‌روه‌ردگارا ئه‌م سزایه‌مان له‌سه‌ر هه‌ڵبگره ، ئێمه خاوه‌ن باوه‌ڕین ! جا خودا وه‌ڵامیان ئه‌داته‌وه‌و ئه‌فه‌رموێت : ئه‌مانه له کوێوه یا چلۆن بیر ئه‌که‌نه‌وه‌و بۆ لای خودا ئه‌گه‌ڕێنه‌وه ؟ وه‌لحاڵ پێغه‌مه‌رێکی به‌رزی خاوه‌ن فه‌رمووده‌ی رووناك هات بۆ لایان ، له پاشان ئه‌وان پشتیان لیٚ‌هه‌ڵکردو بازێکیان وتیان : ئه‌م شه‌خصه که‌لامی خودامان بۆ ناخوێنێته‌وه ، به‌ڵکو که‌لامی غولامێکی هۆزی (ثقیف)ه‌و وه‌ری ئه‌گریٚ‌و ئه‌یخوێنێته‌وه به‌سه‌رمانا • بازێکیشیان وتیان : نه‌خه‌یر ئه‌مه شێته‌و قسه‌کانی بیٚ‌سوودن •

وه ئێمــه بـه پیرۆزی دۆعای پێغه‌مه‌ره‌وه ئـه‌و قاتیه تا ئه‌ندازه‌یێ لائه‌به‌ین ، بـه‌ڵام ئـه‌وان پاش کوفره‌که‌ی پێشوویان ئه‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ سـه‌ر کوفر • وه له‌و رۆژه‌دا که هه‌ڵمه‌تی گه‌وره‌یان بۆ ئه‌به‌ین له قیامه‌تا یا لـه رۆژی به‌درا تۆڵه‌ی کوفره‌که‌یان لیٚ ئه‌سێنینه‌وه •

عه‌بدوڵلا ـخـ ئه‌ڵیٚ : کاتیٚ که قوره‌یش سه‌رکێشیٚ‌و به‌دڕاییان له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تا کرد •• دۆعای لیٚ‌کردن که چه‌ن ساڵیٚ قاتی بێته سه‌ریان وه‌کوو ساڵه‌کانی یوسف ـدـ • ئه‌وانیش تووشی قاتی هاتن هه‌تا ئێسقانی حه‌یوانیان ئه‌خوارد ، وا ئـه‌بوو پیاویٚ سه‌ری به‌رز ئه‌کرده‌وه بۆ ئاسمان‌و لـه به‌ینی خۆیٚ‌و له به‌ینی ئاسمانا وه‌کوو تۆز ئه‌هاته به‌رچاوی ، جا خودای ته‌عالا ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارده خواره‌وه هه‌تا (هذا عذاب الیم) •

جا په‌نایان بۆ حه‌زره‌ت هێناو عه‌رزیان‌کرد : ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خـودا داوای باران بکه بۆ گه‌لی (مضر) له خودا ، وا خه‌ریکه له‌ناو ئه‌چن • جا حـه‌زره‌ت دۆعای بۆ کـردن‌و باران به‌سـه‌ریانا باری ، جـا ئـه‌م ئایـه‌ته

هاتەخوارەوە : (انا کاشفوا العذاب قلیلا) • جا کاتێ بووژانەوەو هەرزانی کەوتەوە ناویان گەڕانەوە سەر حاڵی پێشووی خۆیان ، جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : (یوم نبطش البطشة الکبری •••)

(وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ ، وَجَاءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ : (١٧) أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللهِ ، إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (١٨) وَأَنْ لَا تَعْلُوا عَلَى اللهِ ، إِنِّي آتِيكُمْ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ (١٩) وَإِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ أَنْ تَرْجُمُونِ (٢٠) وَإِنْ لَمْ تُؤْمِنُوا لِي فَاعْتَزِلُونِ (٢١) فَدَعَا رَبَّهُ : أَنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمٌ مُجْرِمُونَ (٢٢) فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُمْ مُتَّبَعُونَ (٢٣) وَاتْرُكِ الْبَحْرَ رَهْوًا ، إِنَّهُمْ جُنْدٌ مُغْرَقُونَ) (٢٤)

بە ڕاستی ئێمە لەمەوبەر گەلی فیرعەونمان خستە ناو ئیمتیحانەوە ، بە هێزو دارایی تاقیمانکردنەوە هەتا بایی بوون ، وە لەو کاتی باییبوونەدا پێغەمەرێکی کەریمو بەرزو بەڕێزمان نارد بۆ لایان ، وە پێی فەرموون : ئەو بەندانی خودایەمان پێبدەرەوە با ئیمان بێننو بکەونە شوێن یاسای ئایینی خۆیان ، بە ڕاستی من پێغەمەرێکی هێمنم بۆ ئێوە ، وە بەرزیو خۆبەزلگرتنو دەمار بەسەر خودادا مەفرۆشن ؛ بەم جۆرە کە گوێ بە من نەدەن کە من پێغەمەری خودام ؛ چونکی بە ڕاستی من بەڵگەیەکم هەیە لە لای خوداوە کە موعجیزەیەکی دیارییە ، وە من پەنا بە خودای خۆمو خودای ئێوە ئەگرم کە ئازاری دڵم بدەن بە لێدان یا بە واتەی نابار ، وە ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن لێم دوورکەونەوەو کەنارم لێ بگرنو ، من حەقم بەسەر

ئێوەوە نیەو ئێوەیش حەقتان بەسەر منەوە نەبێ .. جا ئەوان بەرانبەری ئـەم وتارە جوانەیان بە وتاری ناڕەوا کـردو کەوتنـە ئازاردانی گـەلی بەنیئیسرائیل . جا حەزرەتی موسا دۆعای کردو لە خودا پاڕایەوە : کـە ئەمانـە گەلێکی تاوانبـارن . جـا خودایش وەحی نارد بۆ لای موسـاو فەرمووی : هەر بە شەوا بەندەکانم ، کە بەنیئیسرائیلەیانبە لەگەڵ خۆتا ، بە راستی فیرعەون‌و دەستەو بەستەکەی ئەزانن‌و شوێنتان ئەکەون . کاتێ گەیشتییە دەریای نیل لە دەریاکە بپەڕەوە بە کراوەیی وەکوو کۆڵانی شار ، وە فیرعەون‌و سوپاکەی ئەکەونە شوێنتان ، وە مادام کەوتنە شوێنتان ئەوان سوپایەکن بڕیار دراوە لە ئاوی نیلدا بخنکێن .

(كَمْ تَرَكُوا مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ؛ (٢٥) وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (٢٦) وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ ؛ (٢٧) كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ (٢٨) فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ ، وَمَا كَانُوا مُنْظَرِينَ (٢٩) وَلَقَدْ نَجَّيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنَ الْعَذَابِ الْمُهِينِ : (٣٠) مِنْ فِرْعَوْنَ . إِنَّهُ كَانَ عَالِيًا مِنَ الْمُسْرِفِينَ (٣١) وَلَقَدِ اخْتَرْنَاهُمْ عَلَى عِلْمٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (٣٢) وَآتَيْنَاهُمْ مِنَ الْآيَاتِ مَا فِيهِ بَلَاءٌ مُبِينٌ) (٣٣)

وە لەسەر بڕیاری ئێمە هاتن بە شوێن بەنیئیسرائیلداو سواری ئاوی نیل بوون‌و هەموو لە ئاوەکەدا یەکانگیر بوون‌و ، پاش ئەوە ئەو دەریایە هات دایپۆشین‌و خنکان‌و لەناوچوون‌و ، گەلێك باخی جوان‌و ، سەرچاوەی ئاوی زەلاڵ‌و . کشتوکاڵ‌و ماواو شوێن‌و جێگەی بەرێزو ، نیعمەت‌و ئەو شتانە کە هۆی لەزەت‌و رابواردنی ئینسانن کـە ئەوان لەناو ئەو نازو نیعمەتەدا خاوەن ئاسایش بوون ... بەجێ‌هێشت‌و ، ئەو هەموو داراییمانە دا بـە

گەلێکی تر غەیری ئەوان ، خواه بەنی ئیسرائیل بووبن یا گەلێکی تر ، وە هەرگیز ئاسمانو زەوی بەسەریانا نەگریانو مۆڵەتیشیان نەدرا بۆ کاتێ تر تیا بفەوتێن •

ئەم عیبارەتە لەسەر ئەو ئەساسەیە کە ئینسانی موسوڵمان جێگە دەفتەری لە ئاسماناو شوێنی کردەوەی لە زەویدا بەسەریا ئەگرین • یا لەسەر شێوەی گاڵتەیە بەو کافرانە ؛ چونکی وا باوە لە ناو ئینسانی عەواما کە ئینسانی گەورە بمرێ ئاسمانو زەوی بۆی ئەگرین • واتە ئەڵبەتە ئەمانە لەو پیاوە گەورانە نین •

وە بە راستی بەنیئیسرائیلەکانمان رزگار کرد لە سزای ئینسانسووککەر : رزگارم کردن لە دەستی فیرعەون ، بە راستی فیرعەون ستەمکەرو دەماخبەرز بوو لە زیادەڕەوەکان بوو •

وە بە راستی بەنیئیسرائیلیەکانم بەسەر خەڵکی زەمانی خۆیانا هەڵبژاردو زانایش بووین بەوە کە ئەوانە شیاوی ئەو رێزە بوون • وە لە نیعمەتگەلێکی وەهام پێدان کە هۆی تاقیکردنەوەیەکی دیاریان تێدابوو ، وە ئەوە بوو دەریاکەمان بۆ کردن بە کۆڵانو رزگاربوونیان لە چنگی فیرعەونو دەستەو بەستەکەیو ، باراندنی گەزۆو شەلاقە بەسەریانا •

(اِنَّ هٰؤُلاءِ لَيَقُولُونَ : (٣٤) اِنْ هِيَ اِلاَّ مَوْتَتُنَا الأُولى وَمَا نَحْنُ بِمُنْشَرِينَ (٣٥) فَأْتُوا بِآبَائِنَا اِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ (٣٦) اَهُمْ خَيْرٌ اَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ؟ اَهْلَكْنَاهُمْ ، اِنَّهُمْ كانُوا مُجْرِمِينَ) (٣٧)

بە راستی کافرانی مەکەو نزیکی ئەو ئەڵێن : ئەم مردنی یەکەمە نەبێ کە لە دنیادا ئەمرین ئیتر نە مردنو نە ژیان بە دوایا نایێو نیە ، وە دوای

ئەم مردنە زیندووبوونەوەو قیامەت نیە • ئەگەر راست ئەکەن پاش مردن زیندوبوونەوە هەیە بڕۆن باوکـو باپـــیرە پێشوەکانمان بێنن بۆمـــان زیندووبکەنەوە •

ئـەمانە بۆ بیر ناکەنەوەو عـەقڵ ناگرن ؟ بۆ دان بە هێزو تـەوانایی خودادا نانێن ؟ ئایا ئەوان حوکوومەت‌و دەوڵەتی وایان هەیـە بـە قـەی دەوڵەتی (تەبابیعە) بێ ؟ یا ئەمان لە گەلی (تبع) چاکترن ؟ یا ئەمان لە گەلە عەرەبە کۆنەکانی وەکوو عادو ثەمود باشترن ؟ ئەمانە هەموومان دا بە بای فەنادا ؛ چونکە گەلێکی بەدو تاوانبار بوون •

(وما خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ (٣٨)
مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ ، وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٣٩)
إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ (٤٠) يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى
عَنْ مَوْلًى شَيْئًا ، وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ (٤١) ـ إِلَّا مَنْ رَحِمَ
اللَّهُ ـ إِنَّهُ هُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ) (٤٢)

ئێمە ئاسمانەکان‌و زەوی‌و نێوانی ئەوانمان بێ سوودو هوودە دروست نەکردوە . دروستمان کردوون بۆ پەندو دەرس‌وەرگرتن‌و فرمێسك‌ڕژاندن لە کاتی کارەساتاو ، بۆ بەندەیی‌کردن بە پاکی‌و راستی بۆ ئەو خودایـە کە تاك‌و تەنیایە • بۆ کردەوەو زانیاری پاك • بۆ خوو رەوشتی مەردانە ، بۆ ئامادەکردنی هێـزی پارازتنی ئایین ، بۆ بەجێهێنانی واجبـاتی ئینسانی لـە هەموو بابەتێکەوە ، بۆ رێکخستنی ئابووری بە شێوەیەکی رێك ••• نەك بۆ نەزانین‌و نەتوانین‌و خزمەتکاری شەیتان ؛ بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە کە گومانی هەڵە ئەبەن ئاشنای ئەم راستییانە نین‌و نهێنی دروستکردنی جیهان نازانن •

جـا رۆژی بڕینـەوەی داواو دوژمنایـەتیو دامەزراندنی حوقووقو دیاریکردنی پاداشو تۆڵە ، کاتێکی وایە بڕیار دراوە بۆ هەموو عالەمو بۆ هەموو گیانلەبەرێو بۆ هەموو ئینسانێ ، کە ئەو رۆژە رۆژێکە هیچ دۆستو یارمەتیدەرێ بە کاری هیچ دۆستو یاریدەدەرێ نایێ بە کەمو زۆر • وە ئەو کافرە بەدچارانەیش لە لای خوداوە یارمەتی نادرێن لە بەر نارەزاییو ، لە لایەنی خەڵکەوە لەبەر ناتەوانی ـ کەسێ نەبێ کە خودا رەحمی پێ کردبێو تەوفیقی دابێو ئیمانی هێنابێ ، ئەوە دیارە ئەوانە خودا رەحمیان پێ ئەکاو لەوانەیە تکاو رجای خەڵك بەکاریان بێ • بە راستی خودا خاوەن عیززەتەو دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕواو میهرەبانیشە بە ئەهلی ئیمان •

(إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ الأَثِيمِ (٤٤) كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ (٤٥) كَغَلْيِ الْحَمِيمِ (٤٦) خُذُوهُ فَاعْتِلُوهُ إِلَى سَوَاءِ الْجَحِيمِ (٤٧) ثُمَّ صُبُّوا فَوْقَ رَأْسِهِ مِنْ عَذَابِ الْحَمِيمِ (٤٨) ذُقْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْكَرِيمُ (٤٩) إِنَّ هَذَا مَاكُنْتُمْ بِهِ تَمْتَرُونَ) (٥٠)

بە راستی بەری داری زەقووم خواردەمەنی تاوانبارانە ، بەری ئەو دارە وەکوو خەڵتەی رۆنی زەیتوون وایەو لە ناو سکا ئەکوڵێ وەکـوو چۆن ئاوی گـەرم ئەکوڵێو چەپۆکان ئـەکا • جا لـە لایـەنی فەرمانداری دۆزەخـەوە فـەرمان ئەدرێ ئـەڵێ : ئـەم تاوانبارە بگـرنو رای‌کێشن بۆ ناوەڕاستی دۆزەخ ، پاش ئـەوە بۆ سزادانی ئاوی گـەرمی کوڵاو برێژن بەسەریاو بۆ سووککردنو گاڵتەپێکردنی پێی بڵێن : بچێژە ئـەم رێزو خزمـەتە تایبەتییە ؛ چونکە تۆ خاوەن رێزو کـەرامەتی لـە ناو کۆمەڵدا !

بێگومان ئه‌م جۆره سزا بوو كه ئێوه له دنیادا گومانتان تیایا بوو باوه‌ڕتان پێ نه‌ده‌كرد .

(إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ (٥١) فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٥٢) يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَقَابِلِينَ (٥٣) كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ (٥٤) يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَاكِهَةٍ آمِنِينَ (٥٥) لا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ ، إِلاَّ الْمَوْتَةَ الأُولَى ، وَوَقَاهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (٥٦) فَضْلاً مِنْ رَبِّكَ ، ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٥٧) فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٥٨) فَارْتَقِبْ إِنَّهُمْ مُرْتَقِبُونَ) (٥٩)

به ڕاستی ئه‌و كه‌سانه كه له دنیادا خۆیان ئه‌پارازت‌و له خوداو سزای خودا ئه‌ترسان له پاشه‌ڕۆژدا وان له شوێنێكی هێمناو ، ترسی هیچ جۆره ئازارێكیان نیه ، وان له ناو باخات‌و سه‌رچاوه‌ی ئاوا ، به‌رگ ئه‌پۆشن له حه‌ریری زبرو نه‌رم‌و ، بۆ ڕابواردن‌و كات به‌سه‌ربردن له به‌رانبه‌ری یه‌كه‌وه دائه‌نیشن‌و ، ژنیشیان بۆ دێنین له (حۆری عین) یانی سپی‌و سافی چاو گه‌وره . داوای هه‌موو جۆره میوه‌یێ ئه‌كه‌ن‌و ، بۆیان حازر ئه‌كه‌ن ، بێ بیمن له زیانی ئه‌و میوه‌جاته . له مردنه‌كه‌ی یه‌كه‌م جار زیاتر ــ كه مردنی دنیایه ــ مردن ناچێژن‌و خودا له سزای دۆزه‌خ پارازتوونی . وه گه‌یشتن به‌م جۆره پایه هه‌تاهه‌تاییه زیاده كه‌ره‌مێكه له لایه‌نی خوداوه زۆر گه‌وره‌یه . جا ئێمه له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌م قورئانه‌مان به زمانی تۆ بۆ ناردن به هیوای ئه‌وه كه ئه‌و گه‌له تێی بگه‌ن‌و ڕه‌فتاری پێ بكه‌ن . جا تۆ چاوه‌ڕوانی بكه بۆ ئه‌نجامی كاری ئه‌و كافرانه . به ڕاستی ئه‌وانیش چاوه‌ڕوانی ئه‌وه ئه‌كه‌ن تۆ نه‌مێنی ، به‌لام ئه‌مانه نافامن .

چـرایێ خــــودا هـەڵی کـــا لـــە نوور
پڕتـــەو ئەبەخشـــێ بـــە نزیـكو دوور
نەك هــەر بۆ شـــەوێ یا بۆ مانگو ســاڵ
کووژانــەوەی ئــەو مەحـــاڵـــە مەحاڵ
نووڕێ کـــە جوانیی لە نووری حەق بێ
لـە بـۆ ئیرشادی دڵـی موطڵـەق بـێ
تـــا دڵ بمێنێ لــــــە کـــائینـــاتـــا
تـــاگـــوڵ بمێنێ لـــەنـــاو بـاغـاتـــا
تـــا یـەك ئـادەمی بفـــامێ بـۆ خـــۆی
بەشێ لــــەو نووره پڕتــــەو ئــــەدا بۆی
خودا بـۆ رجـــای ئـەو خـــاوەن نووره
ئـەو محەمـــەدە نـاوی مەشـــــــهووره
بـۆ ئـەو قورئـانـە کـــە ناردت لە بۆی
لـەبـــەر دەوامی پیـــرۆزی لـــە بـۆی
بـۆ ئـەو کـۆمـــەڵـــەی ئـالی نـازاری
چوونـە ژێـــر عەبـای صـەفای دڵداری
بـۆ ئـەو یـارانـە بـــە وێنـــەی بـاران
رژان بـــە رەحمەت لەســــەر کۆساران
بـۆ شـــــەهیدانی مـەیـدانی جیهـــاد
بۆ ئەهلی حوضـــوور بۆ ئەهلی ئیرشـاد
بـۆ ئـەو مەردانـە بـوون بـــە فیـــدایی
لـــە بـــۆ تـەحـریـری دینی خــودایی

ئیجتیهادیان کرد لە ڕێی خودادا
ئایینیان گەیاند بە ڕووی دنیادا
بۆ ئەو کەسانە بە بەرزیی هیممەت
بوون بە پاسەوان بۆ حەوزەی ئوممەت
بۆ ئەو کەسانە بە ئیستیقامەت
خادیمی حەق بوون هەتا قیامەت
تەوفیقمان بدە لەسەر ڕێگەی خۆت
بەڵکو خزمەتێ پێشکەش بکەین بۆت
خزمەتێ بکەین بە دینی ئیسلام
مایەی بمێنێ تا (یوم القیام)
طەبعی حوبی حەق بکە لە دڵما
چرای حەق هەڵکەن لە ناو مەنزڵما
(نامی) بژێنە بۆ خزمەتی دین
لەبەر تەوحیدی (رب العالمین)
بە بەرزی ڕەهبەر فەخری کائینات
بۆ خوی و گەلی سەلام و صەلات

سوورەتی (جاثیە) ، لە سـوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتی چواردەهەمی نەبێ ، ٣٧ ئایەتە ، دوای سـوورەتی دوخـان هاتوەتە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(حم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (٢)
إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِلْمُؤْمِنِينَ (٣) وَفِي
خَلْقِكُمْ ، وَمَا يَبُثُّ مِنْ دَابَّةٍ ، آيَاتٌ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ (٤)
وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ، وَمَا أَنْزَلَ اللهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ
رِزْقٍ ، فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ، وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ
آيَاتٌ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (٥) تِلْكَ آيَاتُ اللهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ
بِالْحَقِّ . فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ ؟) (٦)

ئەم سوورەتە سوورەتی حامیمە . وە ئەم قورئانە کتێبێکە لە لایەنی خودای خاوەن عیزەتو خاوەن حیکمەتەوە نێرراوەتە خوارەوە . بێ‌گومان لە ئاسمانەکانو زەویدا بەڵگەگەلێ هەیە بۆ خاوەن باوەڕەکان بـە خوداو کتێبی خودا . وە لە دروستکردنی ئێوەداو لەو گیانلەبەرانەدا کە خودا بڵاوی کردوونەتەوە چەن بەڵگە هەیە بۆ گەلێ کە خاوەن زانستی یەقینی راستن . وە لە بەشوێن‌یەکا هاتنی شەوو رۆژا بە بێ وچانو بچڕانو لە گۆڕانیانا بە کورتیو درێژیو لە جیاییانا بە خۆشیو ناخۆشیو ، گەرمیو ساردیو ،

شۆڕش‌و ئارامی‌و ، هەیە لەوەدا کە خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراندوە کە مادەی ئەساسییە بۆ ژیوارو جا ئەو زەوییە وشکە مردوەی پێ زیندووکردەوە لە پاش مردنی • هەروا هەیە لـە گۆڕانی بادا بـە پێی جیهاتی جیهان لـە خۆرهەلاّت‌و خۆرنشین‌و لە باکوورو باختەریدا •• چەن بەلگەی گەورە بۆ گەلێ بیری ئەوەیان هەبێ لە بەلگە بگەن‌و عەقلیان بێ •

ئەم ئایەتانە کە ئەیانێرینە خوارەوە ئایەتی خودان‌و خودا ناردوونی بۆت بە بێ پەیوەندی فریشتەو پەری‌و ئادەمی‌و ، ئەیانخوێنینەوە بەسەرتا بە شێوەی راستی بێ کەم‌و زیاد • جا ئیتر ئەو کافرانە بە چی کەلامێ پاش کەلامی خوداو ، بە چی ئایەتێ پاش ئایەتەکانی خودا باوەڕ ئەکەن ؟

(وَيْلٌ لِكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (٧) يَسْمَعُ آيَاتِ اللهِ تُتْلَى عَلَيْهِ ، ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِراً ، كَأَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا . فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٨) وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئاً اتَّخَذَهَا هُزُواً ، أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ (٩) مِنْ وَرَائِهِمْ جَهَنَّمُ ، وَلَا يُغْنِي عَنْهُمْ مَا كَسَبُوا شَيْئاً ، وَلَا مَا اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ أَوْلِيَاءَ ، وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠) هَذَا هُدىً . وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَهُمْ عَذَابٌ مِنْ رِجْزٍ أَلِيمٌ) (١١)

هاوارو ئازار بۆ هـەموو درۆزنێکی تاوانبار کـە ئایەتەکانی خـودا ئەبیسێ بەسەریا ئەخوێنرێتەوە لە پاشان کابرا لەسەر کوفرەکەی ئەمێنێتەوەو ، وەك ئەوە وایە کە ئەو ئایەتانەی هەر نەبیستبێ • جا موژدە بدە بەوانە بە سزایەکی سەخت‌و بە ئازار • وە کاتێکیش شتێ لە ئایەتەکانی ئێمە ئەبیسێ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو ئایەتە یا بانگکردنە بۆ خودابەیەك‌ناسین ، یا بەلێنە بـە فەرمانبەران ، یا هەڕەشەیە بۆ نافـەرمانان ، یا گێڕانەوەی کارەساتێکی

چەرخو رۆژگاری کۆنە کە لە ئەنجامی نافەرمانیدا بەسەر گەلێکدا هاتوە بۆ ئەوە پەندی لێوەربگرێ •• ئەو بیر لەمانە ناکاتەوەو قورئانەکە ئەکا بە مادەی گاڵتەو گەپو پێیەوە رائەبوێرێ بۆ ئەوە بیکا بە زیادەباری تاوانو بنووسرێ لە ناوچاوانی • ئەم جۆرە ئینسانە بێ دەماخانە سزایەکی ئینسان‌سووك‌کەریان هەیە لە دنیاداو لە دوایشیانەوە قیامەت ، ئەمجار کۆکردنەوە ، ئەمجار لێپرسینەوە ، ئەمجار دۆزەخو سزا • وە ئەوەی لە دنیادا پەیدایان کردوە لە رێزو لە دارایی‌و لە یارمەتیدەر بە قەی پووشێ قازانجیان پێ ناداو کەمو زۆر سزایان لێ دوور ناخاتەوە • وە ئەوانەیش کە بێجگە لە خودا کردوویانن بە دۆستی خۆیان وەکوو بتو دارو بەردو فریشتە کە بە خەیاڵی خۆیان سوودیان هەیە بۆیان •• بە هیچ جۆرێ سوودیان پێ ناگەیەنن ، وە ئەمانە سزایەکی گەورەیان هەیە • ئەم قورئانە کە من بۆم ناردووی هۆی شارەزابوونە بۆ رێگەی پیرۆزی ئێوە ، وە ئەو کەسانەیش کوفری ئایەتەکانی خودای خۆیان ئەکەن سزایەکیان هەیە لە پیسترینی سزاو ئێشێکی سەختی ناباریان پێ ئەگەیەنێ •

(اللهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ
بِأَمْرِهِ ، وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ ، وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٢)
وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً مِنْهُ ،
إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (١٣) قُلْ لِلَّذِينَ
آمَنُوا : يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللهِ ، لِيَجْزِيَ
قَوْماً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (١٤) مَنْ عَمِلَ صَالِحاً فَلِنَفْسِهِ ،
وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا ، ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ) (١٥)

خودایەکی وەهایە دەریای بۆ رامکردوون بۆ ئەوە کەشتییەکان لەسەر فەرمانی خودا هاتوچۆیان تێدا بکەن ، وە بۆ ئەوە رۆزی خۆتان بە دەست بهێنن لە ولاتانا بە هۆی کەرەمی خوداوە ، وە بۆ ئەوە پاش ئەم نیعمەتانەیش سوپاسی خودا بکەن • وە ئەگەر خودا دەریای رامنەکردایەو فەرمانی بدایە کە یاسای جەزرو مەد بە جۆرێکی زیاتر لەم ئەندازە بوایە ئەوە ماوەی کەشتیرانی نەدەبوو بە ئاسانی لە دەریادا •

هەروا بۆی رامکردوون هەرچی وا لە ئاسمانەکانو زەویدا هەموو سەرپاك لە لایەنی خوداوە ، رۆژو مانگو ئەستێرەکان جۆرە خزمەتێکیان هەیە بۆ پرتەو بلاوکردنەوە لە رۆژو لە شەوا ، وە بۆ ئەوە ببن بە هۆی شارەزاییو رێگەناسینەوەو بۆ گەلێ سوودی تر • وە زەوی پرکردوە لە کانو خاکی بەسوودو گوڵو گیاو کشتوکاڵو گیانلەبەران •• جا لەم کردارانەدا گەلێ نیشانەو بەڵگەی گەورەیی خودا هەیە بۆ گەلێ بیر لە شوێنەوارەکانی گەورەیی خودادا بکەنەوە • دە تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو بەوانە کە خاوەن باوەڕن :چاو بپۆشن لەوانە کە هیوای رۆژاتێکیان نیە کە خودا یارمەتی موسوڵمانانیان تیادا بداو وەها ئەزانن موسوڵمانان هەروا دواکەوتوو ئەبن • وە بۆ ئەوە چاوپۆشییان لێ بکەن هەتا پاداشی گەلێ بدرێتەوە بەو کردەوانە کە کردوویانن ؛ هەرکەسێ کردەوەی باش بکا ئەوە خێری بۆ خۆیەتی ، وە هەرکەسێ کردەوەی خراپ بکا ئەوە خۆی سزا ئەکێشێو دووچاری ئازار ئەبێ ؛ لە پاشان بۆ لای پەروەردگاری خۆتان ئەگەڕێنەوە •

ریوایه‌ت‌کراوه : ئایه‌تی (قل للذین آمنوا ۰۰۰) ده‌رباره‌ی حه‌زره‌تی عومه‌ر هاته‌خواره‌وه ، له کاتیکدا برایه‌کی غیفاری جنیوی پیدوا عومه‌ر ویستی لیی بدا ۰ جا ئه‌م ئایه‌ته له‌و کاره‌ی مه‌نع‌کرد ۰

(وَلَقَدْ آتَيْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ . وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ، وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ (١٦) وَآتَيْنَاهُمْ بَيِّنَاتٍ مِنَ الْأَمْرِ ، فَمَا اخْتَلَفُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ ، إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ) (١٧)

به راستی دامان به به‌نی‌ئیسرائیل کتیبی ئاسمانی که ته‌وراته‌و ، حیکمه‌تی بیری‌و کرده‌وه‌یی‌و ، پیغه‌مه‌رایه‌تیش به هۆی ناردنی حه‌زره‌تی موساوه ـ د ـ ۰ واته به هۆی ناردنی حه‌زره‌تی موساوه بۆ لای به‌نی‌ئیسرائیل ئه‌و گه‌له بوون به خاوه‌ن کتیب‌و حیکمه‌ت‌و پیغه‌مه‌ریتی ۰ وه خوارده‌مه‌نی جوان‌و باشم بۆ کردن به بژیوو رۆزی‌و گه‌وره‌م‌کردن به‌سه‌ر جیهانداو ، گه‌لی به‌لگه‌و موعجیزه‌م له‌ناویانا بلاوکرده‌وه که هۆی چاوکردنه‌وه بوون بۆ گه‌له‌که‌ی له دین‌و دنیادا ۰ وه ئه‌و گه‌له جیاوازی نه‌که‌وته ناویان دوای ئه‌وه نه‌بی که زانیارییان به حه‌قیقه‌تی کار په‌یداکرد ، وه ئه‌م جیاوازی پاش زانیارییه له‌سه‌ر بناغه‌ی دوژمنایه‌تی‌و حه‌سوودی بازیکیان به بازیکیان په‌یدا بوو ، بیگومان خودا له رۆژی قیامه‌تا حوکم ئه‌کا له ناویانا له‌و شتانه‌دا که ئه‌وان جیاوازییان بوه تیایانا ۰

(ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا ، وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ (١٨) إِنَّهُمْ لَنْ يُغْنُوا عَنْكَ

مِنَ اللهِ شَيْئاً ، وَإِنَّ الظَّالِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ . وَاللهُ وَلِيُّ الْمُتَّقِينَ (١٩) هذا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدىً وَرَحْمَةٌ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ) (٢٠)

له پاشان تۆیشمان دانا لەسەر شەریعەتێکی بەرزو دامەزراو لە کاری دینا ، دەی سا شوێنی ئەو شەریعەتی خۆتە بکەوەو مەکەوەرە شوێن ئارەزووی پووچی ئەوانە هیچ نازانن‌و ئاگایان لە حەقیقەتی شتی بەسوود نیە ؛ چونکە ئەوانە بە کەم‌و زۆر سوودت پێ‌ناگەیەنن لە لای خوداوە • واتە سوودێکی وات پێ ناگەیەنن لە لای خودا نرخی هەبێ • وە ئەو ستەمکارانە هەندێکیان دۆست‌و یارمەتیدەری هەندێکیانن‌و ، خودایش یارمەتیدەری ئەوانەیە کە خۆیان ئەپارێزن‌و لە خودا ئەترسن • جا ئەم قورئانە هۆی چاورۆشنی ئادەمیزادەو ، شارەزاکردن‌و رەحمەتە بۆ گەلێ خاوەنی زانستی ساغ بن •

(أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَنْ نَجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ؟! سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٢١) وَخَلَقَ اللهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَلِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ . وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ) (٢٢)

یا خەیر ئەو کەسانە کە کردەوەی خراپ‌و ناپەسەند ئەکەن وا گومان ئەبەن وەك ئەوانەیان لێ بکەین کە کردەوەی باشیان کردوەو باوەڕیان هەبوەو مردن‌و زیندووبوونەوەیان وەك مردن‌و زیندووبوونەوەی ئەوان وابێ ؟! زۆر زۆر خراپ‌و ناباره ئەوەی ئەوان حوکمی پێ ئەکەن ! هەرگیز

نه ژیانیان وەکوو یەکەو نه مردنیان • ژیانی نامەردەکان بە زیاندانه لە بێ تاوانــەکانو ، ژیانی موسوڵمانــەکان خزمــەتو دڵسۆزییه بۆ بــەندەکانی خوداو ، بەندەییه بۆ خوداو ، خۆگرتنه لە بەرابەری زەحمەتدا • وە مردنی نامــەردەکــان گیــاندەرچووتێکــه بــه هــەزار دەردو داخــەوەو ، مردنی موسوڵمانەکانیش بەوەیه کــه فریشتەی بارەگای لێ گردئەبنەوەو ئیلهامی خێری ئەکــەنو موژدەی بەهەشتی پێئــەدەن • وە پاش مردن ئەمان لــه خۆشیدانو ، ئەوان لە دۆزەخدا •

وە خودا ئاسمانەکانو زەوی بــه حەق دروستکردوە بۆ پەرە پێدانو بەرزکردنەوەی پلەی خودابەیەکناسیو فەرمانبەریو خوو رەوشتی جوان ، وە بۆ ئــەوە هــەرکەسێ بــه گوێرەی کردەوەی خۆی پاداشی بدرێتەوەو هەرگیز ئەوانه ستەمیان لێ ناکرێ •

(اَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ اِلهَهُ هَوَاهُ ، وَاَضَلَّهُ اللّٰهُ عَلى عِلْمٍ ، وَخَتَمَ عَلى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ ، وَجَعَلَ عَلى بَصَرِهِ غِشَاوَةً ، فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللّٰهِ ؟ اَفَلا تَذَكَّرُونَ !؟)(٢٣)

هەواڵم بدەرێ کەسێ کە خودای خۆی بە هەوای خۆی کردبێو خودا گومڕای کردبێ لەگەڵ زانستداو ، دڵو گوێچکەی مۆر کردبێو پەردەی دابێ بەسەر چاویا ئایا ئیتر کێ دوای خودا شارەزای ئەکا ؟ حاشا کەس نیه شارەزای بکا بێجگە لە خودا •

(وَقَالُوا : مَا هِيَ اِلاَّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا ، وَمَا يُهْلِكُنَا اِلاَّ الدَّهْرُ ، وَمَا لَهُمْ بِذلِكَ مِنْ عِلْمٍ ، اِنْ هُمْ اِلاَّ يَظُنُّونَ (٢٤) وَاِذَا تُتْلى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ مَا كَانَ

جِئْتَهُمْ إِلاَّ أَنْ قَالُوا : ائْتُوا بِآبَائِنَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٢٥)
قُلِ : اللهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَى يَوْمِ
الْقِيَامَةِ ، لا رَيْبَ فِيهِ ، وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (٢٦)
وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ
يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ الْمُبْطِلُونَ (٢٧) وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً ، كُلُّ
أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا ؛ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ
تَعْمَلُونَ (٢٨) هذا كِتَابُنَا يَنْطِقُ عَلَيْكُمْ بِالْحَقِّ ، إِنَّا كُنَّا
نَسْتَنْسِخُ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٢٩)

ئەو کافرانە ئەڵێن : زیندەگانی هەر زیندەگانی دنیایەو بەس ، ماوەیێ لە دنیادا ئەژین‌و پاش ماوەیێ ئەمرین‌و ، کەس لە ناومان نابا زەمانە نەبێ ! وە ئەو کەسانە کە ئەم قسە بێ‌تامانە ئەکەن هیچ زانستیان نیەو هەر گومان ئەبەن‌و بەس‌و گومانیش سوودی نیە • وە کاتێ ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەرا ئەخوێنرێتەوەو بانگیان ئەکەین بۆ باوەڕکردن بە پاشەڕۆژو بە تێگەیشتن لە حسێب‌و کتێب •• هیچ بەڵگەیەکیان بۆ بەرهەڵستی ئێمە نیە ئەوە نەبێ کە ئەڵێن : مادام ئێوە سوورن لەسەر ئەم بانگی خۆتانە باوك‌و باپیرە پێشووەکانمان لە گۆڕ بۆ دەرکەن‌و بە زیندوویی بۆمان بێننەوە ئەگەر راست ئەکەن ! وە نافامن کە ئێمە داوای ئەم زیندووبوونەوە ناکەین لە خۆمانەوە بەم مەعنا خۆمان بیکەین • بەڵکو ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ : خودا زیندووتان ئەکاتەوەو بە زیندوێتی ئەتانژیێنێ لە ماوەی دنیادا ، پاش ئەوە کە ماوەیێ هەر مادەی وشکی بێ‌گیان بوون ، جا پاش ئەو ژیانی دنیایە ئەتانمرێنێ ، جا پاش ئەوە کۆتان ئەکاتەوە بۆ رۆژی قیامەت‌و ، پاش لێپرسینەوە ئەتێررێن بۆ جێگەی ئاگرینی خۆتان لە دۆزەخاو ، ئەم وەزعە گومانی تێدا نیە ،

بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن • واتە هەرچەن بیستوویانە بەڵام باوەڕیان پێی نیە • وە دارایی ئاسمانەکانو زەوی هەر بۆ خودایەو لەو ڕۆژەیشا کە قیامەت دێتە جێ ئەوانە کە خاوەن کاری پووچ بوون زیانکارو خەفەتبار ئەبنو هەموو ئومەتێ بە گردەوەبوویی ئەبینی • یاخود ئەیانبینی کە بەچۆکا هاتوونو دانیشتوونو سەرکزو داماون • وە هەموو گەلو کۆمەڵێ بانگ ئەکرێن بۆ لای کتێبی خۆیانو ، پێیان ئەوترێ : ئیمڕۆ پاداشی کردەوەکانی خۆتان وەرئەگرن • وە پێیشیان ئەڵێن : ئەم کیتابانە کە وەکوو پەلەوەر دێنەخوارەوە بۆ سەرتان ئەوە کیتابی ئێمەنو شایەتی ئەدەن لەسەرتان بە راستی • بێگومان ئێمە کردەو رەفتاری ئێوەمان ئەنووسیو ئامادە ئەکرانو ، وا ئەمڕۆ رووبەڕوو ئەبنەوە لەگەڵیانا •

(فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُدْخِلُهُمْ رَبُّهُمْ فِي رَحْمَتِهِ ذلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ (٣٠) وأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا : أَفَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ ، فاسْتَكْبَرْتُمْ وكُنْتُمْ قَوْماً مُجْرِمِينَ ؟) (٣١)

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیەو کردەوەی باشیان کردوە خودا ئەیانخاتە ناو میهرەبانی خۆیەوەو ئەم حاڵە گەیشتنێکی ئاشکرایە بە میهرەبانی خودا •

بەڵام ئەوانە کە کافرن پێیان ئەوترێ لە لایەنی فریشتەی فەرمانبەری خوداوە : ئەوە نەبوو کە ئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا ئەخوێنرایەوە کەچی ئێوە فیزتان ئەکردو گوێتان بۆ نەدەگرتو ئێوە گەلێکی تاوانبار بوون •

(وَإِذَا قِيلَ : إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ، وَالسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا ، قُلْتُمْ : مَا نَدْرِي مَا السَّاعَةُ ، إِنْ نَظُنُّ إِلَّا ظَنًّا ، وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ! (٣٢) وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا ، وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (٣٣) وَقِيلَ : الْيَوْمَ نَنْسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا ، وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَاصِرِينَ (٣٤) ذَلِكُمْ بِأَنَّكُمُ اتَّخَذْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا ، وَغَرَّتْكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا، فَالْيَوْمَ لَا يُخْرَجُونَ مِنْهَا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ (٣٥) فَلِلَّهِ الْحَمْدُ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَرَبِّ الْأَرْضِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٣٦) وَلَهُ الْكِبْرِيَاءُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) (٣٧)

وە کاتێ کـە پێتان ئەوترا : بێگومان بەڵێنی خودا بە هاتنی رۆژی قیامەت راستەو گومانی تێدا نیـە ئەتانوت : ئێمـە نازانین قیامەت چیـەو باوەڕیشمان پێی نیە باوەڕێکی لاوازی بێ‌هێز نەبێ‌و ئێمە دڵئەستوور نین لەم شتەدا ! جا ئیمڕۆ کە قیامەتە پاداشی کردەوەی ناباری خۆیان ئەبینن‌و ئەو سزاو تۆڵە کـە لـە دنیادا گاڵتەیان پێ‌ئەکرد گەمارۆیان ئـەداو پێیان ئـەوترێ : ئیمڕۆ ئێوە فەرامۆش ئەکـەین وەکوو ئێوە لە دنیـادا گەیشتن بەئێمەتان فەرامۆش کردبوو ، وە شوێن‌و مەڵبەندتان ئاگری دۆزەخەو کەس نیە لەم رۆژەدا یارمەتیتان بدا • ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە کاتی خۆی ئێوە ئایەتەکانی خوداتان ئەکرد بە شوێنی گاڵتەو ژیانی دنیا بایی‌کردبوون • دەی ئەمڕۆ نە لە ئاگری دۆزەخ دەرئەکرێن‌و نە داوای ئەوەیشیان لێ ئەکرێ کە

خودا لە خۆیان رازی بکـەن ؛ چونکی کاتی بەسـەرچوە • واتـە خـودا لەخۆڕازیکردن بە کردەوەی باش ئەبیو ئەوەیش لـە دنیادا ئەبوو دنیـا رابوردوەو ئیمڕۆ قیامەتە •

دەی هـەموو سـتایش‌و سـوپاسێ بۆ خودایەکە کـە پەروەردگاری ئاسمانەکان‌و زەوییەو پەروەردگاری هەموو جیهانە • وە گەورەیی هەر بۆ ئەوە لە ئاسمانەکاناو لە زەویداو هەر ئەو خاوەن عیززەت‌و خاوەن حیکمەتە لە پاداش‌و تۆڵەدا •

سووره‌تی ئه‌حقاف ، له‌ سووره‌ته‌ مه‌که‌یيه‌كانه‌ ، ئایه‌ته‌كانی ده‌و ، پازده‌و ، بیست نه‌بێ ، سی‌و پێنج ئایه‌ته‌ ، دوای سووره‌تی جاثیه‌ هاتوه‌ته‌ خواره‌وه‌ .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(حمٓ (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (٢)
مَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ
وَأَجَلٍ مُسَمًّى ، وَالَّذِينَ كَفَرُوا عَمَّا أُنْذِرُوا مُعْرِضُونَ (٣)
قُلْ : أَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا
مِنَ الْأَرْضِ ؟ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ
مِنْ قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِنْ عِلْمٍ ، إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٤)

ئه‌م سووره‌ته‌ حامیمه‌ ، ئه‌م قورئانه‌ له‌ لایه‌نی خودایه‌كه‌وه‌ هاتوه‌ته‌خواره‌وه‌ كه‌ خاوه‌ن حیكمه‌ت‌و خاوه‌ن عیززه‌ته‌ له‌ كاره‌كانیا ، ئێمه‌ ئاسمانه‌كان‌و زه‌وی نێوانی ئه‌وانمان دروست‌نه‌كردوه‌ له‌گه‌ڵ حیكمه‌تدا نه‌بێ‌و له‌گه‌ڵ بڕیاری واده‌یه‌كی دیاریكراودا نه‌بێ . وه‌ ئه‌و كه‌سانه‌ كه‌ باوه‌ڕیان به‌ خودا نیه‌ لائه‌ده‌ن‌و باوه‌ڕ ناكه‌ن به‌و سزایه‌ كه‌ ئه‌وانی پێ ئه‌ترسێنرێت . واته‌ باسی هه‌ر وه‌زعێكی پاشه‌ڕۆژ بكرێ ده‌رباره‌ی پاداشی بیروباوه‌ڕو كرده‌وه‌ی باش‌و خراپ ئه‌وان گوێی پێ‌ناده‌ن ؛ چونكی

باوەڕیان پێی نیە • جا تۆ ئەی ڕەھبەری خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە : ئا خەبەرم پێ بدەن ئەوانە کە ئێوە بێجگە لە خودا بانگیان ئەکەن نیشانم بدەن کام شتیان دروستکردوە لە زەویدا ؟ کێوە ، یا کانە ، یا بەردە ، یا دارە ، یا دەریای بێ‌پەی ، یا چەشمەو روبار ...؟ یاخود بەشێکیان لە ئاسمانەکانا هەیە ؟ ئەگەر وایە کتێبێکم بۆ بێنن لە پێش قورئاندا هاتبێتە خوارەوەو ئەمەی تێدا بێ ، یا ریوایەتێکی راستی واقیعی بێ کە عیلمی بێ‌و ئەم بەشدارییە بگەیەنێ ئەگەر ئێوە راستگۆن •

(ومَنْ اَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللهِ مَنْ لا يَسْتَجِيبُ لَهُ اِلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وهُمْ عَنْ دُعائِهِمْ غَافِلُونَ ؟ (٥) وإذا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ اَعْدَاءً ، وكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كافِرِينَ (٦) وإذا تُتْلى عَلَيْهِمْ آياتُنا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ : هذا سِحْرٌ مُبِينٌ (٧) اَمْ يَقُولُونَ : افْتَراهُ ، قُلْ : اِنِ افْتَرَيْتُهُ فَلا تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللهِ شَيْئاً ، هُوَ اَعْلَمُ بِما تُفِيضُونَ فِيهِ ، كَفَى بِهِ شَهِيداً بَيْنِي وبَيْنَكُمْ ، وهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) (٨)

ئەوە کێ لەو کەسە گومڕاترە کە لە خودا لائەداو بانگ لەو شتانە ئەکا کە هەتا ڕۆژی قیامەت ناتوانن وەڵامی بانگەکەیان بدەنەوە وە ئەوانەیش هەر ئاگایان لە بانگکردنەکە نیە ؟ واتە بتەکانیان دارو بەردن‌و نافامن چ جای ئەوە کە وەڵامی بانگی ئەوان بدەنەوە •

وە کاتێ کە ئادەمیزادیش گردبکرێنەوە بۆ لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت ئەو بتانە ئەبن بە دوژمنی ئەوان‌و ئینکاری ئەوە ئەکەن کە بەندەیی

ئه‌وانیان کردبێ • وه کاتێ ئایه‌ته رووناکه‌کانی ئێمه‌یان به‌سه‌را ئه‌خوێنرێته‌وه ئه‌و کافرانه به‌رابه‌ر به قورئانی پیرۆز ئه‌ڵێن : ئه‌م کتێبه‌و خوێندنه‌وه‌ی کار له دڵ ئه‌کا وه‌کوو جادوو • یا ئه‌ڵێن : خۆی هه‌ڵی‌به‌ستوه به ده‌می خوداوه • تۆ بڵێ : ئه‌گه‌ر من به شێوه‌ی هه‌ڵبه‌ستن هه‌ڵم‌به‌ستبێ ئێوه دارای هیچ نین بۆ من له لای خوداوه • واته ئه‌گه‌ر خودا تۆڵه‌م لێ‌بکاته‌وه ئێوه ناتوانن هیچم لێ لابده‌ن ، ده‌ی من چۆن ئه‌وێرم درۆ به ده‌می خوداوه هه‌ڵبه‌سم ؟ خودا خۆی زاناتره له ئێوه له‌م مه‌به‌سته‌دا که ئێوه قسه‌ی تێدا ئه‌که‌ن‌و له سه‌ری ئه‌ڕۆن • واته خودا ئه‌زانێ که قورئانی پیرۆز که‌لامی خۆیه‌تی‌و په‌یوه‌ندی به که‌سه‌وه نیه‌و ، خودا به‌سه بۆ شایه‌تی له‌سه‌ر حه‌ق له نێوان ئێمه‌و ئێوه‌داو خودا تاوانبه‌خش‌و میهره‌بانه •

(قُلْ : مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنَ الرُّسُلِ . ومَا أَدْرِي ما يُفْعَلُ بِي ولا بِكُمْ ، إنْ أتَّبِعُ إلاَّ ما يُوحى إلَيَّ ، ومَا أنَا إلاَّ نَذِيرٌ مُبِينٌ (٩) قُلْ : أرَأَيْتُمْ إنْ كانَ مِنْ عِنْدِ اللهِ وكَفَرْتُمْ بِهِ ، وشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ بَنِي إسْرَائِيلَ على مِثْلِهِ فَآمَنَ واسْتَكْبَرْتُمْ؟ إنَّ اللهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (١٠)

ئه‌ی خۆشه‌ویست تۆ پێیان بفه‌رموو : وه‌نه‌بێ من پێغه‌مه‌رێکی (شاذ)بم له ناو پێغه‌مه‌راناو له رێگه‌ی ئه‌وان لابده‌م‌و داوای شتێ بکه‌م که ئه‌وان داوایان نه‌کردبێ •• هه‌موومان هه‌ر داوای خودابه‌یه‌کناسی‌و باوه‌ڕ به رۆژی قیامه‌ت ئه‌که‌ین‌و ، من هه‌ر دوای ئه‌و یاسایانه ئه‌که‌وم که به وه‌حی له لای خوداوه پێم‌گه‌یشتوون‌و ، من پێغه‌مه‌رێکی ترسێنه‌رم‌و به‌س ، خه‌ڵك له سزای خودا ئه‌ترسێنم‌و ترساندنه‌که‌یشم موعجیزه‌ی له‌گه‌ڵدایه •

تۆ پێیان بڵێ : ئا پێم بڵێن : ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەنی خوداوە بێ و ئێوە بە نامەردی ئینکاریتان کردو شایەتێکی راستگۆی قسەڕەوا لە کۆمەڵی بەنی ئیسرائیل شایەتی دا لەسەر ئەوە کە کەلامی خودایەو ، کابرا باوەڕی بەوە کرد کە ئەم قورئانە کەلامی خودایەو ئێوە باوەڕتان پێ نەکردو خۆتان بە زل گرتو ، دەمارکردن لە حەقی لادان ئەوسا چۆن لە تۆڵەی خودا دەرئەچن ؟ وە یاخود چ سوودێ لەم کوفرو ئینکارییە وەرئەگرن ؟ بەڵام بە داخەوە ئەمانە ستەمکارن قسە سوودیان پێ نادا ؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا ستەمکارەکان شارەزا ناکا •

(وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا : لَوْ كَانَ خَيْرًا مَا سَبَقُونَا إِلَيْهِ ! وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا بِهِ فَسَيَقُولُونَ : هَـذَا إِفْكٌ قَدِيمٌ (١١) وَمِنْ قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَامًا وَرَحْمَةً ، وَهَذَا كِتَابٌ مُصَدِّقٌ لِسَانًا عَرَبِيًّا لِيُنْذِرَ الَّذِينَ ظَلَمُوا . وَبُشْرَى لِلْمُحْسِنِينَ (١٢) إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا : رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (١٣) أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا ، جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٤)

وە کافرەکان بەوانە ئەڵێن کە باوەڕیان کردوە : ئەگەر ئەم باوەڕکردنە خێر بوایە ئەو کۆمەڵە کە باوەڕیان کردوە لە ئێمە پێش نەدەکەوتن لەو باوەڕکردنەدا • وە چونکە خۆیان باوەڕیان نەکردوە بە ناو خەڵکدا ئەگەڕێن و ئەوپڕو پاڵاتە پووچە بڵاو ئەکەنەوەو ئەڵێن : ئەم قورئانە درۆیەکی هەڵبەستراوی کۆنە •

ریوایه‌ت‌کـراوه : ئـه‌وانه باوه‌ڕیان نه‌کـرد بریتی بوون لـه هـۆزی به‌نی‌عامیرو ، غه‌طه‌فان‌و ، ئه‌شجه‌ع • ئه‌وانه‌یش باوه‌ڕیان کرد بریتی بوون له هۆزی : جوهه‌ینه‌و ، موزه‌ینه‌و ، ئه‌سله‌م‌و ، غیفار • جا ئه‌وانه به‌مانیان ئه‌وت : دینی ئێوه راست نیه‌و قورئانه‌که‌تان ده‌ست‌هه‌ڵبه‌سته ، ئه‌نا ئه‌گه‌ر دینه‌که حه‌ق بوایێ‌و ئه‌و قورئانه‌یش که‌لامی خودا بوایێ ئیمه زوو له پێش ئێوه‌دا باوه‌ڕمان پێ‌ئه‌کرد •

وه له ریوایه‌تێ ترا کافره‌کان جووله‌که بوون‌و موسوڵمانه‌کانیش چه‌ن که‌سێ بوون له جووله‌که وه‌کوو عه‌بدوڵڵای کوڕی سه‌لام‌و هاوڕێکانی •

جا خودا به‌رپه‌رچی داواکه‌یان ئه‌داته‌وه‌و ئه‌فه‌رموێ : قورئان وتاری خودایه‌و ، دینه‌که‌یش راسته‌و ، له پێش ئه‌م قورئانه‌یشا کتێبی مووسا که ته‌وراته هاتـه‌خواره‌وه بوو بـه پێشه‌واو ره‌حمه‌ت‌و میهره‌بانی خودا بۆ جیهان • وه ئه‌م قورئانه‌یش کتێبێکه ته‌صدیقی ته‌ورات‌و کتێبه ئاسمانییه‌کانی تر ئه‌کاو ، به زمانی عه‌ره‌بی هاتوه بۆ ئه‌وه سته‌مکاره‌کان بترسێنێ‌و ، ببێ به هۆی موژده بۆ ئه‌و که‌سانه که خاوه‌ن چاکه‌ن •

ئه‌و که‌سانه که ئه‌ڵێن : خودای ئێمه به‌س (الله)یه‌و له‌سه‌ر رێبازی دینه‌که‌یان ئه‌ڕۆن‌و ئه‌ملاولا ناکه‌ن ، ئه‌وه ترسی پاشه‌ڕۆژیان نیـه‌و له‌سـه‌ر شتی رابوردوویش زویر نابن ؛ چونکی به‌رابه‌ر به‌و نیعمه‌تانه وان له پێش ده‌میاناو به‌رابه‌ر به‌و نوورو میهره‌بانی خودایه که داگیریان ئه‌کا نرخ‌و بایه‌خ بۆ هیچ شتێ نامێنێ •

(ووَصَّيْنَا الإنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ إحْسَانًا ، حَمَلَتْهُ اُمُّهُ كُرْهًا ، ووَضَعَتْهُ كُرْهًا ، وحَمْلُهُ وفِصالُهُ ثَلاثُونَ شَهْرًا ، حَتَّى إذَا بَلَغَ اَشُدَّهُ وبَلَغَ اَرْبَعِينَ سَنَةً ، قَالَ : رَبِّ

اَوْزِعْنِي اَنْ اَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي اَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلى وَالِدَيَّ ، واَنْ اَعْمَلَ صَالِحاً تَرْضَاهُ ، واَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي، اِنِّي تُبْتُ اِلَيْكَ ، وِاِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ (١٥) اولائِكَ الَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ اَحْسَنَ مَا عَمِلُوا ونَتَجَاوَزُ عَنْ سَيِّئَاتِهِمْ فِي اَصْحَابِ الْجَنَّةِ ، وَعْدَ الصِّدْقِ الَّذِي كانُوا يُوعَدُونَ) (١٦)

ئامۆژگاری ئادەمیزادمان کردوە بەوەی رەفتارو وتاری خۆی لەگەڵ باوكو دایکیدا باش بکا ، بە تایبەتی دایکی ، چونکی لە سکیا بە ئازارو زەحمەتەوە هەڵی گرتوەو ، بە ئازارو ئێشەوە داینا وەو بوویەتی و ، ماوەی هەڵگرتنەکەی لەگەڵ ماوەی جیابوونەوەی لەبەرۆکی دایکیو بڕینەوەی لە مەمك ماوەی ٣٠ مانگە • شەشی بۆ هەڵگرتنیو بیستو چوار مانگیش بۆ شیرپێدانی ، هەتا کاتێ گەیشتە هێزو تەوانایی رەسایو گەیشت بە چل ساڵ وتی : خودایە مۆڵەتم بدە بۆ ئەوە سوپاسی نیعمەتەکانی تۆ بکەم کە داوتن پێم لە نیعمەتی : دروستکردنو ، ڕێنومایی بە عەقڵو ، ڕێنیشاندان بە هۆی رەهبەرەوەو • سوپاسی ئەو نیعمەتەیش کە داوتە بە باوكو دایکم لەسەر بناغەی ئەوە کە دینت پێداون • وە ماوەم بدە کردەوەی چاکی وەها بکەم تۆ پێی رازی بییو ، خۆپارازتنو ترسان لە سزای تۆ بکە بە بارەم بۆ نەتەوەیشم ، بە راستی من بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوەو لە موسوڵمانانم •

جا ئەم جۆرە پیاوە موسوڵمانانە ئەوانەن کە کردەوە جوانو باشەکانیان لێ وەرئەگرینو چاوپۆشی ئەکەین لە کردەوەی خراپو ناباریان لە ناو یارانی بەهەشتا • وە ئەم بەڵێنە بۆ ئەوان ئەو بەڵێنە راستەیە کە لە دنیادا پێیان دەدرا •

بزانن ! ئـەم ئایـەتە دەربارەی حـەزرەتی ئـەبوبـەکـری صـەدیق هاتەخوارەوە ، چونکی هـەر ئـەو بوە لـە یاران کە خۆیو باوکو دایکی هەموو موسوڵمان بووبن •

(والّذي قَالَ لِوَالِدَيْهِ : أُفٍّ لَكُمَا ! أَتَعِدَانِنِي أَنْ أُخْرَجَ وقَدْ خَلَتِ القُرُونُ مِنْ قَبْلِي ؟ وهُمَا يَسْتَغِيثَانِ اللهَ : وَيْلَكَ آمِنْ ! إِنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ . فَيَقُولُ : ما هَذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ (١٧) أُولَئِكَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ القَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمْ مِنَ الجِنِّ والإِنسِ . إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ (١٨) وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا ، وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَالَهُمْ ، وهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ) (١٩)

وە ئـەو کەسەیش کـە پاش ئەوەی باوکو دایکی تـەمێیان کـردو ڕێنومایی دینیان کرد پێی وتن : هاوار بۆ ئێوە ! ئایا وەعدە ئەدەن بە من کە لە گۆڕ دەربکرێمو زیندووبکرێمەوەو بڕۆم بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوەدا چەنهای قەرنو چەرخ لە پێش مندا رابوردوە ؟ واتە عەقڵ نایگرێ ئەم هەموو خەڵکە زۆرە زیندووبکرێنەوەو باوکو دایکەکەیشی ئەڵێن : پەنا بەخودا لە دەستی تۆ ، هـاوار بۆ تۆ ، ئیمان بێنە ! بـە راستی بەڵێنی خودا راسـتە • ئەویش ئەڵێ : حاشا ئـەم کتێبە کـە لای ئێوەیە هەر ئەفسانە پێشوەکانەو بەس • جا ئەو کەسانە کە ئەم جۆرە قسە ئەکەن لەگەڵ باوکو دایکیانا لە وەڵامی ئەوەدا کە ئەوان داوای باوەڕکردنی لێ ئەکەن ئەوانە کەلیمەی سزا دامەزراوە لەسەریان لەگەڵ چـەن گەلێکی تردا لـە پەریو ئادەمیزاد کـە لەمـەوپێش رابوردوون ، بە راسـتی ئەوانە زیانکارن • وە بۆ هـەر کۆمەڵێ لە ئەهلی کوفرو ئیمان چەن پایەو پلە هەیە بە بەرزیو نزمی بۆ

کـردەوەیان ، وە خـودا مۆڵەتیان ئـەدا تا ڕۆژی خـۆی ئەوسـا پاداشی کردەوەکانیان بە تەواوی پێ‌ئەداتەوەو ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێ •

بزانن ! ئەم ئایەتە دەربارەی بەندەیەکی کافری خراپ بۆ باوکو دایکی هاتوەتەخوارەوە • باوکو دایکەکەی زۆر لەگەڵی تێکۆشیون بۆ باوەڕکردنو ئەو باوەڕی نەکردوە •

وە هـەندێ وتوویانـە : دەربارەی عـەبدوڵلای کوڕی ئـەبوبەکری صـەدیق ـدـ هـاتوەتـەخـوارەوە • وە هـەندێ وتوویانـە : دەربارەی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر لە پێش ئیسلامبوونیا • بەڵام زاناکان ئەم قسەیان داوەتە دواوە ، چونکی عەبدوڵلا یا عەبدوڕەحمان موسوڵمان بوون • وە ئایەتی (اولئك الذين حق عليهم •••) بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەو کەسە هەتاهەتایە لە سزادا ئەبێ • کە وابێ پێویستە بڵێین هەر دەربارەی بەندەیەکی کافری خراپ بۆ باوکو دایکی هاتوەتە خوارەوە •

وە ئەو کەسانە کە سوورن لەسەر ئەوە کـە دەربارەی عەبدوڕەحمان هاتوەتەخوارەوە وەڵام ئەدەنەوەو ئەڵێن : سـەرەتای ئایەتـەکە دەربارەی عەبدوڕەحمانەو کۆتاییەکەی عامە • واتە با هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکـە خاص بێ بە عەبدوڕەحمانەوە ، بەڵام ئاخرەکەی مەفهوومێکی عامە بۆ گەلێ کەس دەست ئەدا • کە وابێ هەڵئەگرێ لەبەر ئـەوە عەبدوڕەحمان ئیمانی هێناوە عەبدوڕەحمان مەبەست نەبێ لە عموومی ئایەتەکە •

(وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ : اَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا ، وَاسْتَمْتَعْتُمْ بِهَا ، فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنْتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنْتُمْ تَفْسُقُونَ) (٢٠)

وه له‌و رۆژه‌دا كه كافره‌كان رائه‌نوێرێن به‌سه‌ر ئاگری دۆزه‌خا سزا ئه‌درێن‌و له لایه‌نی فریشته‌وه پێیان‌ئه‌وترێ : ئێوه هه‌رچی كه دڵتان خواستی له شتی به‌له‌زه‌ت له دنیادا وه‌رتان گرت‌و راتان‌بواردو خۆشی خۆتان ده‌ست‌كه‌وت . وه ئه‌بێ ئیمرۆ پاداشتان بدرێته‌وه به سزایه‌كی سووك‌كه‌رو ئابرووبه‌ر به هۆی ئه‌و فیزو ده‌ماره‌وه ئه‌تان‌كرد به‌سه‌ر فه‌قیرو هه‌ژارا له‌سه‌ر زه‌ویدا به ناحه‌ق‌و به هۆی ئه‌و خراپی‌و به‌دخوویی‌یه‌وه كه له دنیادا ئه‌تان‌كرد .

(واذْكُرْ اَخَا عَادٍ اِذْ اَنْذَرَ قَوْمَهُ بِالْاَحْقَافِ ، وقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ ومِنْ خَلْفِهِ : اَلاَّ تَعْبُدُوا اِلاَّ اللهَ ، اِنِّي اَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (٢١) قَالُوا : اَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ آلِهَتِنَا ؟! فَاْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا اِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٢٢) قَالَ : اِنَّمَا الْعِلْمُ عِنْدَ اللهِ ، واُبَلِّغُكُمْ ما اُرْسِلْتُ بِهِ ، ولكِنِّي اَرَاكُمْ قَوْماً تَجْهَلُونَ (٢٣) فَلَمَّا رَاَوْهُ عارِضاً مُسْتَقْبِلَ اَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا : هذا عارِضٌ مُمْطِرُنَا ، بَلْ هُوَ ما اسْتَعْجَلْتُمْ بِهِ : رِيحٌ فِيها عَذَابٌ اَلِيمٌ (٢٤) تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِاَمْرِ رَبِّها ، فَاَصْبَحُوا لا يُرى اِلاَّ مَسَاكِنُهُمْ ، كذلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ) (٢٥)

تۆ ناوی حه‌زره‌تی هوودی برای عاد ببه ، كاتێ گه‌له‌كه‌ی له (ئه‌حقاف)دا ترساند . واته ولاتێ كه نزیكی لمێكی درێژه به مه‌عنا ولاتی یه‌مه‌نه ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا چه‌ن ره‌هبه‌ری خه‌ڵك‌ترسێن له نزیكی ئه‌و زه‌مانه‌وه یا له دووره‌وه رابوردبوون . حه‌زره‌تی هوود فه‌رمووی : به‌نده‌یی بۆ غه‌یری خودا مه‌كه‌ن ، به راستی ئه‌ترسم سزایه‌كی گه‌وره‌تان به‌سه‌ردا بێت .

جا گەلەکەی وتیان : ئایا تۆ هاتووی بۆ ئەوە کە ئێمە لە پەرستنی خوداکانی خۆمان هەڵبگێڕیتەوە ؟ دەی فـەرموو ئەگەر راست ئەکەی ئەو سزا کـە ئەیڵێیت بیهێنە بۆ سەرمان • جا هوود فەرمووی : زانستی لە حەقیقەتا هەر لای خودایەو هەر ئەو ئەزانێ‌و ، من راگەیاندنم لەسەرەو بەس ، ئەوەی خودا ناردوومی پێی‌و فەرمانی راگەیاندنی پێداوم ئەیگەیەنم‌و هەر ئەوەم پێ‌سپێرراوە • بەڵام من ئێوە بـە گەلێکی نەزان‌و نەفام‌و تێنەگەیشتوو ئەزانم ؛ چونکی ئەگەر زاناو فامیدە بوونایێ بەر لە هەموو شتێ تەماشای قسەکانی منتان ئەکرد بە دڵ ، تا حاڵی بوونایێ کە مەعقوولن یا نە ، وە پاش ئـەوە بۆتان دەرکـەوت قسەکانم رەوان‌و ئـەچن بە دڵەوە ئەتانتوانی بۆ دڵنەستووری خۆتان داوای بەڵگەو موعجیزەم لێ بکەن ، نەك هەر بەر لە هـەموو شتێ داوای زووهاتنی سزای خودا بکەن • جا کاتێ ئـەو سـزا دانراوەیان بۆ هات‌و ، لە ئاسمانەوە چاویان بە پەڵە هەورێك کەوت ، ئەو گەلی عـادە وتیان : ئەوە کـە وا بـە ئاسمانەوە هەورێکە بارانمان بەسەرا ئەبارێنێ • حەزرەتی هوودیش فەرمووی : نەخەیر ! هەور نیە ، بەڵکو ئەو سزایە کـە ئێوە پەلەپەلتان بوو بۆ هاتنی ، ئـەوە بایەك‌و شەپۆلەهەوایەکی ئاسمانییە سزایەکی سەختی تیایە • ئەو بایە بەسەر هەر شتێکدا بێ بەفارمانی خودا وێرانی ئەکا • جا ئەو بایە هات دای بەسەر گەلی عادا بە جۆرێ ئەو وڵاتەی وێران کرد کە تەنیا وڵاتەکەو شوێنەوارەکەیان مایەوەو ، یەکێ کە بە ناچاری لەو شوێنەدا دانیشتایێ ! ئێمە ئا بەو جۆرە گەلە تاوانبارەکان سزا ئەدەین تا ببن بە پەند بۆ خەڵکی دیکە •

(وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا اِنْ مَكَّنَّاكُمْ فِيهِ ، وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعاً وَاَبْصَاراً وَاَفْئِدَةً ، فَمَـا اَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلا

اَبْصَارُهُمْ ولا اَفْئِدَتُهُمْ مِنْ شَيْءٍ . اِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ
بِآيَاتِ اللهِ ، وحاقَ بِهِمْ ما كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ) (٢٦)

بـه راستی ئێمـه ئـه‌و گه‌لی عاده‌مان لـه هێزو ته‌واناییه‌کی وه‌هـادا دامه‌زراندبوو که ئێوه‌مان تیادانه‌مه‌زراندبوو ، وه بڕیارمان دابوو که له عیزه‌تا بژین ، وه ئه‌و گه‌له‌مان کردبوو به خاوه‌نی دڵی فامیده‌و ، خـاوه‌ن گوێچکه‌ی شت‌بیس‌و ، خاوه‌ن چاوی بینا ، که‌چی له‌به‌ر به‌دبه‌ختی خۆیان‌و له‌به‌ر خۆشویستنی شوێنکه‌وتی پێشووانیان نه گوێچکه‌یان‌و نه چاویان‌و نـه دڵیان هیچ جۆره سوودێکیان پێ نه‌ئه‌دان • لـه بـه‌ر ئه‌وه ئینکاری قورئانیان ئه‌کرد ، جا تۆڵه‌ی ئـه‌و کرده‌وانه کـه زوو گاڵته‌یان پێ‌ئه‌کردن ده‌وره‌ی دان •

(ولَقَدْ اَهْلَكْنَا ما حَوْلَكُمْ مِنَ الْقُرى . وصَرَّفْنَا
الْآيَاتِ ، لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٢٧) فَلَوْلا نَصَرَهُمُ الَّذِينَ
اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ قُرْبَانًا آلِهَةً ، بَلْ ضَلُّوا عَنْهُمْ ، وذٰلِكَ
اِفْكُهُمْ ، وما كَانُوا يَفْتَرُونَ) (٢٨)

به راستی ئێمه به‌ربادمان‌کرد ئه‌و دێهاتانه‌ی به ده‌وری ئێوه‌دا بوون ؛ وه‌کوو حیجری ثه‌موودو ، دێهاتی قه‌ومی لوط • وه ئایه‌ته‌کانی خۆمان هێناو بردو به چه‌ن شێوه خوێندمانه‌وه به‌سه‌رتانا ئه‌ی خه‌ڵکی شاری مه‌که ؛ بـه هیوای ئه‌وه که بگه‌ڕێنه‌وه‌و واز له‌م تاوانبارییه بهێنن‌و هه‌ر نه‌گه‌ڕانه‌وه تا ئه‌وتان • ده‌ی جا ئه‌وه بۆچی ئه‌و بتانه کـه به ده‌وریانا ئه‌سوو ڕێنه‌وه‌و . بێجگه له خودا ئه‌یانپه‌رستن‌و ، ئه‌یانکه‌ن به هۆی نزیکبوونه‌وه‌تان له خودای ته‌عالا •• یارمه‌تی نه‌دان‌و له ده‌ستی ئێمه رزگاری نه‌کردن ؟ به‌ڵکو ئـه‌و

بتانە هەر لە پێش چاویان گوم‌بوون • وە ئەم سزایە جەزای درۆو جەزای ئیفتیرایانە •

(وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَراً مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ ، فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا : أَنْصِتُوا! فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (٢٩) قَالُوا : يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَاباً أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ . يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (٣٠) يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللهِ ، وَآمِنُوا بِهِ . يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ . وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ . وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ . اُولائِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) (٣٢)

باسی ئەو کاتە بکە کە لە (وادی النخلە)دا کاتێ لە طائیف گەڕایتەوە نۆ کەس لە (جن)مان هەڵسووڕان بۆ لای تۆ ، هاتن کاتێ قورئانت ئەخوێند گوێیان لێ گرتی ، جا کاتێ هاتنەلات هەندێکیان بە هەندێکیان وت : بێ‌دەنگ بن ، با بزانین ئەو ئایەتانە ئەیانخوێنێتەوە مەعنایان چیەو چۆنن • جا کاتێ قورئانخوێندنەکە تەواو بوو گەڕانەوە بۆ لای گەلەکەیانو ترساندنیان لە سزای خوداو وتیان : ئەی گەلی ئێمە بە راستی ئێمە کتێبێکمان بیستوە کە پاش موسا هاتوەتەخوارەوە . کتێبێکی وایە راستی ئەو کتێبانە ئەسەلمێنێ کە لە پێشا هاتوونەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمەرە پێشوەکانو ، ئەو کتێبە خەڵك شارەزا ئەکا بۆ لای خوداو بۆ رێگەی راستیو رەفتارکردن بە رێگەی راست کە ئایینی ئیسلامە •

ئه‌ی گه‌لی ئێمه فه‌رمانبه‌ری ئه‌و پێغه‌مه‌ره بکه‌ن کــه خه‌ڵك بۆ لای خودای تاکو ته‌نیا بانگ ئه‌کاو ، ئیمانی پێ بێنن‌و باوه‌ڕی پێ‌بکه‌ن ، بازێ لــه تاوانه‌کانتان ئه‌پۆشێ‌و لــه سزای سه‌خت په‌ناتان ئه‌دا ، وه هه‌رکه‌سێ فه‌رمانبه‌ری ئه‌و بانگده‌ره نه‌کا ئه‌وه خۆ ناتوانێ له رووی خودادا بوه‌ستێ‌و به‌رهه‌ڵستی بکاو ، به‌رپه‌رچی کاره‌کانی بداته‌وه ۰ وه بێجگه له خودایش دۆستێ نیه بۆ ئه‌و یاخی‌و نافه‌رمانانه‌و ، ئه‌وانه له‌ناو گومڕاییه‌کی ئاشکرادان په‌نا به حودا ۰

ئه‌گێڕنه‌وه که حه‌زره‌ت ـدـ له ته‌مه‌نی په‌نجا ساڵیدا بوو که ئه‌بوطالیبی مامی‌و خه‌دیجه‌ی خێزانی کۆچی دواییان کرد ، پاش کۆچی ئه‌وان رۆیشت بۆ طائیف ماوه‌ی مانگێ خه‌ڵکی بانگ‌کرد بۆ ئیسلام ، به‌ڵام بێ‌سوود بوو ۰ کاتێ که گه‌ڕایه‌وه شه‌وێ له رێگه‌دا له (وادی النخلة) شه‌ونوێژی ئه‌کردو قورئانی ئه‌خوێند ۰ خودا کۆمه‌ڵێ له جنۆکه‌ی ولاتی (نصیبین) که کاتــی خۆی باوه‌ڕیان بــه حه‌زره‌تی موسا کردبوو ۰۰ ناردنی بۆ لای حه‌زره‌ت‌و ده‌نگی قورئانخوێندنی حه‌زره‌تیان بیست‌و ، پاش ئه‌وه رۆیشتنه‌وه بۆ ناو جینییه‌کان‌و ئه‌وه‌ی له ئایه‌ته‌که‌دا باسی ئه‌کا گێڕایانه‌وه بۆ باقی جینه‌کان ۰

(أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى ؟ بَلَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٣٣) وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ : أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ ؟ قَالُوا : بَلَى وَرَبِّنَا : قَالَ : فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ) (٣٤)

ئایا ئەو کافرانە نازانن ئەو خودایە کە ئاسمانەکانو زەوی دروست‌ـ کردوەو ، بـە دروستکردنی ئەوانەوە ماندوو نەبوە تەوانایە لەسەر ئـەوە مردوەکان زیندووبکاتەوە ؟ بەرێوەڵلا ! خودا تـەوانایە بەسەر هـەموو شتێکا ، لەو رۆژەدا کافرەکان رائەنوێنرێن بەسەر ئاگری دۆزەخدا ، واتە ئـەبرێن بۆ سـزاو ئازارەکـە حاڵی ئەبن •• لـە لای خـوداوە بە هۆی فریشتەکانەوە بانگیان لێ‌ئەکرێ : ئایا ئەم رۆژەو ئەم دۆزەخە حەق نیە ؟ ئەوانیش ئەڵێن : بەڵێ سوێند بەو کەسە کە ئێمەی دروست کردوە ! جـا خودا ئەفەرموێت : دەی سزای دۆزەخ بچێژن بە هۆی ئەو کوفرەوە کە ئەتانکرد •

(فاصْبِرْ كَما صَبَرَ اُولوا الْعَزْمِ مِنَ الرُسُـــلِ • وَلاَ تَسْتَعْجِلْ لَهُمْ ، كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ ما يُوعَـــدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا اِلاَّ ساعَةً مِنْ نَهارٍ ، بَلاغٌ ، فَهَلْ يُهْلَكُ اِلاَّ الْقَوْمُ الْفاسِقُونَ ؟) (٣٥)

ئەفەرموێت : ئەی پێغەمەری خۆشەویست تۆ لـە رەهبەرە خاوەن هیمەتەکانیو ، گەلەکەت گەلێ سزای دڵی تۆیان داوەو ئەیدەن ، بەڵام تۆ هاورێی کۆمەڵی پێغەمەرانی خاوەن هیمەتی کە بە (اولو العزم) ناسراون ، واتـە خۆگرو خاوەن ویسمان ، وە ئـەوان هەموو لەبـەر باری گەورەدا خۆیانگرت ، پێویستە تۆیش وەکوو ئەوان خۆگر بێ • بۆ نموونە : نوح خۆی لەبەر ئازاری گەلەکەیدا گرتو ، زۆر جار ئەوەندە سزایان ئەدا تا بێهۆش ئەکەوت • وە ئیبراهیمیان خستـە ناو ئاگرەوەو ، ئامادە بوو بۆ سەربرینی ئیسماعیلی کوڕی • وە موسا خۆی گرت لە بەرابەری زۆرداریو ستەمکاری فیرعەونەوە • وە عیسا خۆی گرت لەسەر ئازاری جوولەکەو ،

پێویسته تۆیش خۆت بگری‌و په‌له‌په‌ل مه‌که له‌سه‌ر سزادانیان • ئه‌و کاته که ئه‌و کافرانه تووشی سزای خۆیان دێن به جۆرێ مه‌ینه‌ت داوێن‌گیریان ئه‌بێ‌و ئه‌که‌ونه ناو سزاوه‌و ، وه‌ها دنیایان لێ تاڵ ئه‌بێ وه‌ك ئه‌وه وایه که ماوه‌یه‌کی که‌م له رۆژێك نه‌بێ له دنیادا نه‌ماونه‌ته‌وه • جا ئه‌مه‌ی که ئێمه به تۆمان گه‌یاند به‌لاغه‌و به‌سه بۆ تۆو یاخود ئه‌وه‌ی تا ئیسته تۆ گه‌یاندووته به‌لاغه‌و به‌سه بۆ تۆو . تۆ ئه‌رکی سه‌رشانی خۆت به‌جێ‌هێناوه • وه یاخود ئه‌و کاتی گه‌یشتنیان به سزا کاتێکه واجبه پێی بگه‌ن‌و بێگومان پێی‌ئه‌گه‌ن • جا ئیتر هه‌رکه‌سێ به به‌شی خۆی ئه‌گا رزگاربوون یان به‌هیلاك‌چوون ، به‌لام ئایا به هیلاکدا ئه‌چێ له کائیناتا بێجگه له‌وانه که له فه‌رمانی خوداو دادو عه‌دلی ئه‌و ده‌رچوون ؟

سوورەتی موحەممەد لــە ســوورەتە مەدینەییەکانە ، ئایەتی سیازدە نەبێ ، ئەوە لە رێگەی کۆچدا بۆ مەدینە هاتوەتە خوارەوە ، ٣٨ ئایەتە ، دوای سوورەتی حەدید هاتوەتە خوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(الَّذِينَ كَفَرُوا ، وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ أَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ (١)
وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَى
مُحَمَّدٍ ـ وَهُوَ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ـ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ،
وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ (٢) ذَلِكَ بِأَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا اتَّبَعُوا الْبَاطِلَ ،
وَأَنَّ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّبَعُوا الْحَقَّ مِنْ رَبِّهِمْ ، كَذَلِكَ يَضْرِبُ
اللهُ لِلنَّاسِ أَمْثَالَهُمْ) (٣)

ئەو کەسانە کە ئینکاری خوداو پەیامی پێغەمەر ئەکەن‌و مەنعی خەڵك ئەکەن لە رۆیشتن بە رێگەی رەزای خودادا کە ئایینی ئیسلامەو بەرهەڵستی ئــەو ئایینە ئەکەن ؛ وەکوو ئــەو شەش دەولەمەندە کــە ژیواری سوپای کافرەکانیان گــرتە گەردنی خۆیان لــە جەنگی بەدرا وەکوو « عوتبە » و « شەیبە » کوڕانی رەبیعەو، (منبە)و (نبیە) کوڕانی حەجاج‌و ، ئەبوجەهل‌و **حاریث کوڕانی هیشام ، کــە هەرکام لەمانە ناندانی رۆژێکی ئــەو سوپایە** گرتبوە ئەستۆی خۆی .. خودا کردەوەی چاکەی ئەمانەی بێ سوودو مایە کرد ؛ **چونکی** رەفتاری بەنرخ ئەوەیە سوودی بۆ رۆژی قیامەت **هەبێ ، وە**

کەسێ باوەڕی بە تەنیایی خودا نەبێو ئینکاری پەیامی پێغەمەری خودا بکاو باوەڕی بە قورئان نــەبێ •• ئەوە پاش مردنی زیانکـــارو خەسارەتبارە ، هەرچەن کارەکانیان لە دنیادا لە شێوەدا جوان بێو خەڵك پێیان باش بێ •

وە ئــەو کەسانە باوەڕیان بــە خودای تاكو پێغەمەری خوداو ڕۆژی قیامەت کردوەو کردەوەیان باشەو باوەڕیان بەوە هەیە کە بۆ سەر حەزرەتی محەمەد ـدـ هاتوەتەخوارەوە ـ کە ئەوە حەقەو دامەزراوە لە لایەنی خودای خۆیانەوە ـ ئەوە خودا گوناهەکانیان ئەپۆشێو کارو باری بەنرخیان لە دینو دنیادا ڕێك ئەخا • ئەمەیش لەبەر ئەوەیە ئەوانە کە کافرن شوێن شتی پڕو پووچو هەوایی کەوتوون • وە ئەوانە کــە باوەڕیان هــەیە شوێنی شــتی دامەزراوو کاکڵەدارو بە نرخی لای خودای خۆیان کەوتوون • بە کورتی ئەوەی ئەیکەن لەسەر فەرمانی خودا ئەیکەنو ، ئەوەیش نایکەن لەســەر مەنعی ئەو نایکەن • ئا وەها خودا ئەحواڵی هەردوو تاقمەکە بۆ ئادەمیزاد ڕوون ئەکاتەوە • یاخــود ئاوەها وێنەیان بەیانئەکا • کافر وێنــەی شتێکە لەســەر بۆش دانرابێ ، خــاوەن باوەڕ وێنــەی شــتێکە لەســەر بناغــەی دامەزراو بێ •

(فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ ، حَتَّى إِذَا أَثْخَنْتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً ، حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَــــا ، ذَلِكَ وَلَوْ يَشَــاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ ، وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ ، وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤) سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥) وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ) (٦) •

جا کاتێ له جه‌نگدا گه‌یشتن به کافره‌کان بده‌ن له گه‌ردنیان هه‌تا کاتێ
که به لێدان‌و بریندارکردن وه یا به به‌یده‌سکردن ئه‌یانگرن به دیل • ئه‌وجار
به دیل بیانگرن‌و باش چاوێریان بکه‌ن تا را نه‌که‌ن ؛ خوای به ماتڵ‌کردن
له به‌ندیخانه ـ یا زنجیرکردن ئه‌گه‌ر یاخی‌و نامه‌رد بێ ، یا به جۆرێکی تر
له‌سه‌ر بیری سه‌رۆکی سوپای ئیسلام • جا پاش ئه‌وه منه‌ت بنێنه سه‌ریان‌و
به خۆڕایی به‌ره‌ڵایان بکه‌ن ، وه یا بیانده‌ن به فیدیه‌ی دیله‌کانی خۆتانا که
له لای کافره‌کانن ، یا له به‌رابه‌ری ئه‌ندازه‌یێ ماڵه‌وه لێیان وه‌ربگرن • تا
باری قورسی جه‌نگ لائه‌چێ‌و جه‌نگ ته‌واو ئه‌بێ • ئه‌مه‌یه حوکمی شه‌رعی
که به‌یانمان کرد • وه ئه‌گه‌ر خودا خواستی بێ تۆڵه له‌و کافرانه ئه‌کاته‌وه
به بێ ئه‌وه که ئێوه خۆتان ئازار بده‌ن‌و تووشی ناخۆشی ببن ؛ به‌ڵام خودا
ئه‌یه‌وێ هه‌ندێکتان به هۆی هه‌ندێکتانه‌وه تاقی بکاته‌وه • جارجار ئێوه
له‌وان بده‌ن‌و ، جارجار ئه‌وان له ئێوه بده‌ن • ئه‌مه‌یش بۆ زیاده‌پاداش ، وه
ئه‌وانه که کوژراون‌و ئه‌کوژرێن له رێگه‌ی ره‌زای خوداو به‌رزکردنه‌وه‌ی
وشه‌ی خودابه‌یه‌کناسیدا •• خـودا کرده‌وه‌کانیان ته‌ماشا ئه‌کاو هه‌میشـه
دیاره‌و خاوه‌ن دیداره • وه خودا شاره‌زایان ئـه‌کا بۆ رێگـه‌ی رزگاری‌و
یارمه‌تیشیان ئه‌دا بۆ پێگه‌یشتنی‌و حاڵیشیان باش ئه‌کا • وه له پاشه‌ڕۆژیشا
ئه‌یانخاته به‌هه‌شته‌وه • ئه‌و به‌هه‌شته‌ی له دنیادا بۆی باس کردوون هه‌تا باش
بۆی تێکۆشن •

(يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا اِنْ تَنْصُرُوا اللهَ يَنْصُرْكُمْ ويُثَبِّتْ
اَقْدامَكُمْ (٧) والَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسـاً لَهُمْ ، واَضَـلَّ
اَعْمالَهُمْ (٨) ذلِكَ بِاَنَّهُمْ كَرِهُوا ما اَنْزَلَ اللهُ ، فَاَحْبَطَ
اَعْمالَهُمْ) (٩)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان کردوە ئەگەر ئێوە بە راستی یارمەتی خودا بدەن لەسەر ئـەو یاساو ڕێبازە خودا دایناوە بـە : زانیاریو ، کردەوەی جوانو ، یەکێتی هاودەردانو ، راوێژکردن بە خاوەن بەراوردانو ، بـە هەڵڕاگرتنو مودارا لە کاتی بێدەستیداو ، بە کارکردن لە کاتی کارا .. ئەوە خودایش بە جۆرێ یارمەتی ئێوە ئەدا کە لە یاسای ئێرەتی بەدەر بێ : ماڵتان بۆ ئەتێرێو ، حاڵتان باش ئەکا . هەندێ دوژمنتان لێ دوورئەخاتەوەو هەندێکیان ئەکا بە دۆست ، تا مەبەستتان چنگئەکەوێو پێتان لـە ولاتا دائەمەزرێ وەها کـە بە سووکی نەکـەون . وە ئەوانەیش کافرن ئـەوە بەدبەختیو لەناوچوون بۆ ئەوانەو کارو کردەوەیان سووکو بێ بایەخ ئەبێ . ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە حەزیان نەکردوەو حەز ناکەن لەو قورئانە کە خودا ناردوویە بۆ سـەر زەوی ، جـا کردەوەکانی ئەوانی سووکو پووچ کردوە .

(اَفَلَمْ یَسِیرُوا فِي الْأَرْضِ فَیَنْظُرُوا کَیْفَ کَانَ عَاقِبَةُ الَّذِینَ مِنْ قَبْلِهِمْ ؟ دَمَّرَ اللهُ عَلَیْهِمْ ، وَلِلْکَافِرِینَ اَمْثَالُهَا (١٠) ذٰلِكَ بِاَنَّ اللهَ مَوْلَی الَّذِینَ آمَنُوا ، وَاَنَّ الْکَافِرِینَ لا مَوْلی لَهُمْ) (١١)

ئایا ئەم بەدبەختە سەرسەختانە بەسەر زەویدا نەگەڕاون هەتا تەماشا بکەنو تێبگەن ئەنجامی ئەوانە چۆن بوە کەلە پێش ئەمانا رابوردوون ؟ کە خودا خانوەکانی بەسەرا وێرانکردوون .وە کافرانی تریش هاووێنەی ئەو سزایانە بۆ هەیە کە بۆ ئەوان بوە . ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە خودا دۆستی خاوەن باوەڕەکانەو کافرو بێباوەڕەکان دۆستیان نیە .

(اِنَّ اللهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا ، وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ
جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ.والَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ
ويَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الأَنْعَامُ . والنَّارُ مَثْوىً لَهُمْ (١٢) وكَأَيِّنْ
مِنْ قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِنْ قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ ؟
أَهْلَكْنَاهُمْ فَلا نَاصِرَ لَهُمْ (١٣) أَفَمَنْ كَانَ عَلى بَيِّنَةٍ مِنْ
رَبِّهِ كَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ ، واتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ؟) (١٤)

بە راستی ئەوانە خاوەن باوەڕنو کردەوەیان باشە خودا ئەیانخاتە ناو چەن بەهەشتو باخاتێکی وەهاوە کە جۆبار لە ژێریانەوە دەرئەچێ • وە ئەو کەسانە کە کافرن لە دنیادا رائەبوێرنو خواردەمەنی ئەخۆن وەکوو چۆن ئاژەڵ ئەلەوەڕێو ئەخواو دوایی جێگەی ئەو کافرانە ئاگری دۆزەخە • وە گەلێ گوندو ئاوەدانی کە لە گوندەکەی تۆ بەهێزتر بوون ، ئەو گوندەی کە خەڵکەکەی ئازاریان دایتو زویریان کردیو بوون بە هۆی دەرچوونت •• بەربادمان کردنو یارمەتیدەریان نەبوو !

ئایا کەسانێ کە لەسەر بەڵگەو رووناکی بن لە لای خوداوە ؛ بەم جۆرە قورئانیان بۆ هاتبێتە خوارەوەو باوەڕیان پێ کردبێو ، کردبێتیان بە دەلیلی رۆژو چرای شەویان •• وەکوو ئەوانە ئەبن کە کردەوەیان لە بیروباوەڕیان ناشیرینتر بێو ئەو کردەوە خراپانە لـە پێش چاویانا جوان کرابێو شوێن هەوای خۆیان کەوتبن ؟ حاشا ئەم دوو کۆمەڵە وەکوو یەك نینو ، ئەوان وەك فریشتەو ئەمان وەك دێون •

(مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ : فِيهَا أَنْهارٌ مِنْ ماءٍ
غَيْرِ آسِنٍ وأَنْهارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ ، وأَنْهارٌ

مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ ، وأَنْهارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفّىً ، ولَهُمْ فِيها مِنْ كُلِّ الثَّمَراتِ ومَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خالِدٌ فِي النَّارِ ، وسُقُوا ماءً حَمِيماً فَقَطَّعَ أَمْعاءَهُمْ ؟) (١٥)

شێوەو حاڵی ئەو بەهەشتە کە بەڵێنی دراوە بەوانە کە خۆیان ئەپارێزنو لە خودا ئەترسن ئەمەیە کە : چەن جۆباری لە ئاوی نەگۆڕراو تیایەو ، چەن جۆباری لە شیری سافی پاکی وا تیایە کە تامی شیریی نەگۆڕاوەو ، چەن جۆباری لە شەرابێ تێدایە کە هۆی تامو خۆشییە بۆ ئەوانە ئەیخۆنەوە ، وە چەن جۆبار لە هەنگوینی پاڵفتەکراو • وە زیاد لەمانە لە بەری هەر میوەیەك بیانەوێو دڵیان ئارەزووی بکا هەیەو بۆیان ئامادە ئەکرێ • ئەمە لە (مادیات) • لە (مەعنەوییات)یش لێخۆشبوون لە لای خوداوە سەرەڕای نیعمەتەکانی ترە • ئایا ئەو کەسانە کە ئەم نیعمەتانەیان هەیە وەکوو ئەو کەسانەن کە هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا سزا ئەدرێنو ئاوی گەرمیان دەرخوارد ئەدرێو ریخۆڵەکانیان پارچە پارچە ئەکات ؟

(ومِنْهُمْ مَنْ يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ، حَتَّى إِذا خَرَجُوا مِنْ عِنْدِكَ قالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ : ماذا قالَ آنِفاً ؟ أُولٰئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللهُ عَلى قُلُوبِهِمْ واتَّبَعُوا أَهْواءَهُمْ (١٦) والَّذِينَ اهْتَدَوْا زادَهُمْ هُدىً وآتاهُمْ تَقْواهُمْ) (١٧)

وە لەو کافرانەیە کەسانێ کە حازری مەجلیست ئەبنو گوێ بۆ فەرموودەکانت ئەگرن ، بەڵام لەبەر عادەت نەك بۆ وەرگرتنی بەختیاری ، تا کاتێ کە لای تۆ دەرئەچن لە زانایانی یارانی حەزرەت ئەپرسنو ئەڵێن : ئەوە محەمەد ئیستە چی وت ؟ چونکە خۆی دڵی نەدابووێ تا بزانێ چی

ئه‌ڵێ‌و لێی تێ‌بگا • وه یا هه‌ر به گاڵته‌وه ئه‌مه ئه‌ڵێ • جا ئه‌مانه خودا دڵی مۆر کردوونو خێری تێ ناچێ‌و شوێن ئاره‌زووی خۆیان که‌وتوون • وه ئه‌و که‌سانه که شاره‌زای حه‌قیقه‌ت بوون خودا زیاده‌شاره‌زاییان ئه‌داتێ‌و ترس‌و خۆپارازتنی دڵیان بۆ زیاد ئه‌کا به‌هۆی ئه‌و شاره‌زاییه‌وه •

(فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا السَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ؟ فَقَدْ جَاءَ أَشْرَاطُهَا . فَأَنَّى لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ؟) (١٨)

ئایا ئه‌مانه جگه له هاتنی رۆژی قیامه‌ت چاوه‌ڕوانی شتێکی دیکه ئه‌که‌ن که کوتوپڕ بێت به‌سه‌ریانا ؟ با قیامه‌ت خۆی نه‌هاتبێ وا نیشانه‌کانی هاتوون ؛ وه‌کوو هاتنی محمد ـ د ـ ، جا له‌و کاته‌دا که دێ چۆن بیر ئه‌که‌نه‌وه ؟

به کورتی ئه‌فه‌رموێت : ئه‌م کافرانه په‌ندیان وه‌رنه‌گرت به باسکردنی به‌ربادبوونی گه‌لانی کافری له‌مه‌وپێش‌و به هه‌ڕه‌شه‌ی خودا ، ئه‌لبه‌ته ئه‌ڵێن : تا خۆمان چاومان به رۆژی قیامه‌ت نه‌که‌وێ بیر له‌وه‌رگرتنی ئیمان ناکه‌ینه‌وه• ئه‌م بیره تاریکه‌یان شتێکی سه‌رسوڕهێنه‌ره ! ئایا له‌و کاته‌دا که کوتوپڕ قیامه‌ت دێ به‌سه‌ریانا ئه‌وان که‌ی ماوه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی تۆبه‌کردنیان ئه‌بێ ؟! ئه‌نا ئه‌وا قیامه‌ت خۆی نه‌هاتوه خۆ نیشانه‌کانی هاتوون ، ده‌ی بۆ بیر ناکه‌نه‌وه‌و بۆچی موسوڵمان نابن ؟

له ئه‌نه‌سه‌وه ئه‌گێڕنه‌وه ـ خودای لێ‌رازی‌بێ ـ که حه‌زره‌ت ـ د ـ فه‌رموویه‌تی : من‌و قیامه‌ت به یه‌که‌وه هاتووین وه‌کوو ئه‌و دوو په‌نجه‌یه ، وه له‌و کاته‌دا به په‌نجه‌ی به‌رزو په‌نجه‌ی شایه‌تی ئیشاره‌تی کرد •

وه نیشانه‌کانی قیامه‌ت بریتین له هه‌ندێ رووداوی پێش هاتنی زه‌لزه‌له‌ی قیامه‌ت •

وە لـە حوزەیفەی کوڕی ئوسـەیدی غیفـاریەوە ئەگێڕنـەوە کـە فەرموویە : حەزرەت بەلامانا رابورد کاتێ باسی قیامەتمان ئەکرد ، حەزرەت فەرمووی : باسی چی ئەکەن ؟ عەرزمان کرد : باسی قیامەت . جا فەرمووی : ئێوە قیامەت نابینن هەتا دە نیشانە نەبینن . لەوێدا باسی دووکەڵێکی کرد کە دنیـا دائـەگرێو ، دەججالو ، (دابـة الارض)و ، دەرچوونی رۆژ لـە خۆراواوەو ، هاتنەخوارەوەی عیسای کوڕی مەریەمو ، هاتنی یەئجوجو مەئجـوجو ، سێ رۆچوونی زەوی لـە رۆژاواو رۆژهـەڵاتو (جزیرة العرب)دا . دوای ئەمانە ئاگرێکە لە وڵاتی یەمەنەوە دەرئەچێو خەڵکی لە دەستی رائەکەن بەرەوژوور بۆ لای شام .

وە لە نیشانەکانی قیامەتە : کەمبوونەوەی حەیاو شەرمو ، کەمبوونەوەی زانسـتی یاسـای دینیو ، زۆربوونی کوشـتنو بڕینی خەڵکیو ، نـەمانی ئەمانەتو راستی لـە ناو خەڵکاو ، زۆربوونی ماڵی دنیاو ، هێرشی تەماع بەسـەر ئینساناو ، گردەوەبوونی ئادەمیزاد لە شارەکاناو ، کەمبوونەوەی ئاسایش لە دڵاو ... جگە لەمانەیش کە لە کتێبی تایبەتیدا نووسراون .

وە یەکێ لەوانە هاتنی حەزرەتە ـدـ جا خودای تەعالا ئەفەرموێت :

(فاعْلَمْ اَنَّهُ لا اِلهَ اِلاَّ اللهُ ، واسْـتَغْفِرْ لِذَنبِكَ ولِلْمُؤْمِنِيـنَ والمُؤْمِنَـاتِ ، واللهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ ومَثْوَاكُمْ) (١٩)

واتە باوەڕی بـە هێزت بێ کە هیچ پەرستراوێکی تر نیە جگە لـەو خودایە کە ناوی (الله)یەو هەرچی صیفەتی باشو شیاو هەیە هەیەتیو ، دوورە لە ناتەواوی . داوای تاوانپۆشی لە خودا بکە بۆ خۆتو بۆ پیاوانو ژنانی موسوڵمان . وە خودا هیچ شتێکی لێ ون نابێو شوێنی هەڵسووڕاتان لە دنیاداو شوێنی دەوامتان لە قیامەتا ئەزانێ .

(ويَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا : لَوْلا نُزِّلَتْ سُورَةٌ ! فإذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُحْكَمَةٌ وذُكِرَ فِيها الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ . فأَوْلَى لَهُمْ (٢٠) طاعَةٌ وقَوْلٌ مَعْرُوفٌ ، فإذَا عَزَمَ الأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا اللهَ لَكَانَ خَيْراً لَهُمْ) (٢١)

ئەوانە کە ئیمانیان هێناوەو لە پایەی ئارەزووی جیهادا ئەڵێن : بۆچی سوورەتێ نەهاتوەتە خوارەوە داوای غەزاکردن بکا ؟ خۆزگا سوورەتێکی وەها ئەهاتەخوارەوە ! جا کاتێ سوورەتی دامەزراو هاتەخوارەوەو ناوی جەنگی تیابرابوو ٠ واتە فەرمانی تێدا درابوو بە جیهاد ٠٠ ئەبینی ئەوانە کە نەخۆشینی نیفاق وا لە دڵیانا بۆ تۆ ئەڕوانن بە چاوی لاوازیو بێهەناویو داماوییەوە ، وەکوو روانینی کەسێ کە بێهۆشی بەسەرا هاتبێ لە پێش مردندا ٠ واتە وەك روانینی کەسێ کە لە سەرەمەرگدا بێ ٠ دەی مردن باشترە بۆ کەسانێ کە حاڵیان وەها خاڵی بێ لە باوەڕو دڵیان پڕ بێ لە خۆشەویستی دنیای بێسوود ٠ یاخود بڵێ : چاترو بەسوودتر بۆ ئەوان فەرمانبەری ئایەتی خودا بوو کە بڕۆن بۆ جیهادو خۆیان بکەن بە قوربانی لە رێگەی ئیسلامو دیناو ، قسەیەکی وا بکەن کە حەزرەت ـ د ـ پێی خۆش بێ ٠ بۆ وێنە بڵێن : ئێمە حازرین بۆ خزمەتی دینو جیهاد لە رێگەی خودادا ٠

جا کاتێ کار کەوتە وەختی بەجێهێنانیو جیهاد واجب بوو ئەگەر ئەوانە راستیانبکردایە لەگەڵ خوداداو جیهادیان بکردایە ئەوەیان چاکتر بوو ٠

(فَهَلْ عَسَيْتُمْ ، إِنْ تَوَلَّيْتُمْ . أَنْ تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ وتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ؟ (٢٢) أولائِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ

اللهُ ، فأَصَمَّهُمْ واَعْمى اَبْصَارَهُمْ (٢٣) اَفَلا يَتَدَبَّرُونَ
القُرْآنَ اَمْ عَلى قلوبٍ اَقْفَالُهَا ؟) (٢٤)

سەیرەو جێگەی سەرسوڕمانە ! چاوەڕێی ئەوە لە ئێوە ئەکرێ ئەگەر ئێوە پشتتان لـە ئیسلام هەڵکرد دەس بکەن بـە خراپەو بشێوە لە وڵاتاو رشتەی خزمایەتی ببچڕن ؟ جا کۆمەڵێ وەها دوودڵو دڵپیس بن هەمیشە مەترسی ئەوەیان لێ بکرێ کـە لـە ئیسلام وەرگەڕێنەوەو دەس بکەن بـە خراپەکردن ، ئەوانە خودا لە رەحمەتی خۆی دوور خستوونەتەوەو گوێی کەڕ کردوون لە بیستنی حەق‌و چاوی کوێر کردوون لە تەماشای ئایەتەکانی خودا بۆ ئەوە کە پەند وەربگرن‌و روو بکەنە خودا • ئەوە بۆچی بیر لـە قورئان ناکەنەوە هەتا تێبگەن کە هەمووی بانگکردنە بۆ پیرۆزی‌و بەختیاری هەردوو دونیا ؟ یا دڵیان قوفڵدراوەو حەقی تێ ناچێ ؟

(اِنَّ الَّذِينَ ارْتَدوا عَلى اَدْبَارِهِمْ ، مِنْ بَعْدِ ما تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدى ، الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ واَمْلى لَهُمْ (٢٥) ذلِكَ بِاَنَّهُمْ قَالُوا لِلَّذِينَ كَرِهُوا ما نَزَّلَ اللهُ : سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْاَمْرِ ، واللهُ يَعْلَمُ اِسْرَارَهُمْ (٢٦) فَكَيْفَ اِذَا تَوَفَّتْهُمُ المَلائِكَةُ يَضْرِبُونَ وجُوهَهُمْ واَدْبَارَهُمْ ؟ (٢٧) ذلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا ما اَسْخَطَ اللهَ ، وكَرِهُوا رِضْوانَهُ ، فَأَحْبَطَ اَعْمَالَهُمْ) (٢٨)

ئەو کەسانە کە پاشەوپاش هەڵگەڕانەوە ، واتە لە دین وەرگەڕانەوە پاش ئەوە کە رێگەی راستیان بۆ دەرکەوت ئەوە ئەوانە شەیتان ئەوەی بۆ رێکخستن‌و ئارەزوو هیوای درێژکردنەوە • ئەم دەردەیش لەبەر ئـەوەیە

ئه‌یانوت به‌وانه که رقیان له‌وه ئه‌بێته‌وه که خودا ناردوویه‌تیه خواره‌وه وه‌کوو قورئان بێ : که له‌مه‌ولا له هه‌ندێ کاردا وه‌کوو دانیشتن بێ له جیهاد فه‌رمانبه‌رێتان ئه‌که‌ین‌و به‌گوێتان ئه‌که‌ین • وه‌خودای ته‌عالا په‌نامه‌کییه‌کانیان ئه‌زانێ •

جا ئه‌بێ حاڵی ئه‌و کافرانه چۆن بێ کاتێ که فریشته‌ی گیانکێشان گیانیان ئه‌کێشن‌و ئه‌ده‌ن به روخساریان‌او به پشتیان‌او ، ئه‌مه‌یش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه شوێن هه‌ندێ کاری نابار که‌وتوون‌و خودایان له خۆیان ره‌نجاندووه‌و خۆشیان له ره‌زامه‌ندی خودا نه‌هاتوه ؟ جا خودایش کرده‌وه‌ی چاکی ئه‌وانه‌ی ئاوساندوه‌و دوایی پووچه‌ڵی کردوه •

(اَمْ حَسِبَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ اَنْ لَنْ يُخْرِجَ اللهُ اَضْغَانَهُمْ ؟ (٢٩) وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُمْ بِسِيمَاهُمْ ، وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ ، وَاللهُ يَعْلَمُ اَعْمَالَكُمْ) (٣٠)

ئایا ئه‌و که‌سانه که نه‌خۆشی نیفاق له دڵیانایه گومان وا ئه‌به‌ن که خودا کینه‌و دڵپیسی ئه‌وان ده‌رناخا ؟ با ئه‌و گومانه نه‌به‌ن‌و بزانن که خودا زانایه‌و . ئه‌گه‌ر ئێمه بمانویستایه هه‌ر ئه‌و کافرانه خۆیانمان نیشان‌ئه‌دان‌و به شێوه‌و روخسارا ئه‌تان‌ناسین ، وه ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ن ئه‌وه به ده‌م‌ودوو شێوه‌ی قسه‌کردندا ئه‌یان‌ناسیت‌و خودای ته‌عالا هه‌موو کرده‌وه‌یه‌کیان ئه‌زانێ •

(وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنْكُمْ وَالصَّابِرِينَ ، وَنَبْلُوَ اَخْبَارَكُمْ) (٣١)

بە راستی بەراوردتان ئەکەم تا زانیاریم (تعلق) ببەستێ بـە جیهادو کۆشش‌و خۆگرتنتانەوەو ، بزانم کێتان زۆری جیهـاد کردوەو کێ خـۆی گرتوە ؟ وە بەراوردی ساغی ئەو شتانە بکەین کە لە ئێوەوە ئەگێڕرێنەوەو دەنگوباستان بزانین •

(اِنَّ الَّذِینَ کَفَرُوا وصَدُّوا عَنْ سَبِیلِ اللهِ ، وشَاقُّوا الرَّسُولَ ، مِنْ بَعْدِ ما تَبَیَّنَ لَهُمُ الْهُدی •• لَنْ یَضُرُّوا اللهَ شَیْئاً ، وسَیُحْبِطُ اَعْمَالَهُمْ) (٣٢)

بە راستی ئەو کەسانە کـە کوفریان بۆ خۆیان هەڵبژاردو نەیانهێشت خەڵك رێگەی خودا ـ کە دینی ئیسلامە ـ بگرن‌و ، بەرهەڵستی پێغەمەری خودایان کرد دوای ئەوە کە بۆیان دەرکەوت ئایینی ئیسلام راستەو هۆی شاردزایی ئادەمیزادە بۆ رزگاری وەکوو هۆزانی (قریظە)و (نضیر) یا ئەو کافرانە کە ژیواری کافرەکانی سوپای بەدریان گرتە ئەستۆی خۆیان •• ئەوانە هەرگیز ناتوانن بـەم کردەوە نابارانە کـە کردنیان زیان بـە خودا بگەیەنن‌و ، لەمەولایش هەر کردەوەیەکی بە دیمەن باشیان کردبێ خـودا پووچ‌و بێ بایەخی ئەکاو سوودی تێدا نابێ •

(یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا اَطِیعُوا اللهَ واَطِیعُوا الرَّسولَ • ولا تُبْطِلُوا اَعْمالَکُمْ) (٣٣)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە فەرمانبەری خوداو پێغەمەری خودا بکەن‌و بە هۆی کوفرو پاشگەزبوونەوەو نابارییەوە کردەوە باشەکاتتان پووچ مەکەنەوە •

زانایانی دین فەرمووینە : لە دین‌وەرگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە ـ پەنا بە خودا ـ هەرچی بیرو باوەڕی باش‌و کردەوەی چاك هەیە هەمووی پووچ

ئه‌كاته‌وه‌و وای لێ ئه‌كا وه‌كوو هه‌ر له‌ بناغه‌دا نه‌یكردبێ وایه‌ • وه‌ (عوجب) خۆبه‌چاكزانین‌و ، (ریا) به‌نده‌یی‌كردنی بۆ به‌رچاوی خه‌ڵك پاداشی هه‌موو كرده‌وه‌یه‌كی چاكه‌ لائه‌به‌ن‌و هیچ خێرو بێرێكیان ناهێڵنه‌وه‌ • وه‌ منه‌ت‌نانه‌ سه‌ر كه‌سێك كه‌ نیعمه‌تێكت پێدابێ یا ئازاردانی دڵی ئه‌و كه‌سه‌ خێرو پاداشی هه‌موو چاكه‌و نیعمه‌ته‌كه‌ پووچ ئه‌كه‌نه‌وه‌ • وه‌ هه‌رچی منه‌ت‌نانه‌ سه‌ر خه‌ڵكه‌ هه‌مووی خراپه‌ منه‌ت‌نانی پێغه‌مه‌ر نه‌بێ له‌سه‌ر گه‌لی خۆی ، هه‌روا منه‌ت‌نانی باوك له‌سه‌ر نه‌وه‌ی خۆی‌و ، منه‌ت‌نانی مامۆستایێ له‌ رێگه‌ی خودادا ده‌رز به‌ شاگرده‌كانی بڵێته‌وه‌و ، منه‌ت‌نانی (مرشد)ێ له‌سه‌ر (مرید)ی خۆی •

به‌ڵام من باوه‌ڕم وایه‌ نه‌ مورشیدی موریدان‌و نه‌ مامۆستایه‌ك كه‌ له‌ رێگه‌ی خودادا ده‌رس بڵێته‌وه‌ منه‌ت نانێنه‌ سه‌ر په‌یڕه‌وانی خۆیان ، قسه‌م له‌وه‌ نیه‌ كه‌ له‌ رووی ده‌ربڕینی ده‌ردی دڵه‌وه‌ قسه‌یێ بفه‌رموون ، ئه‌وه‌یش زۆر كه‌مه‌ ؛ چونكه‌ ئه‌وانه‌ی كه‌ به‌ راستی پیاوی خودان :

هه‌ر كارێ بكه‌ن ساغ بۆ خودایه‌
منه‌ت له‌سه‌ر خه‌ڵك دووره‌ له‌ غایه‌
نالێ به‌ شاگرد كه‌ بۆ خودا بوو :
من خزمه‌تم كرد ئه‌و بێ وه‌فا بوو

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ ، فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ (٣٤) فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ ، وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ) (٣٥)

بە راستی ئەو کەسانە کە کافر بوون بە خوداو پێغەمەری خوداو نەیانئەهێشت کە خەڵك ڕێگەی ڕاستی بگرن کە ئایینی ئیسلامەو ، بەو کوفرەیشەوە مردن ئەوە هەرگیز خودا لێیان خۆش نابێ •

دەی ئێوە کە خودا یارمەتیداون بۆ ئیسلام خۆتان بگرنو سست مەبن لە تێکۆشان لە ڕێگەی دینا مادام خەڵك بانگ ئەکەن بۆ حەق ، وە هەرگیز کەس بانگ مەکەن بۆ ئەوە لە بەردەمی کافرانا مل رابکێشیو سەرکز بێ • وە هەمیشە ئێوە بەرزترن ، مادام دامەزراوو خۆگر بن ، وە خودا لەگەڵ ئێوەدایەو کردەوەو رەفتارتان زایە ناکاو هەمووتان بۆ حسێب ئەکا •

(اِنَّما الْحَیاةُ الدُّنیا لَعِبٌ ولَهْوٌ ، وإنْ تُؤْمِنُوا وتَتَّقُوا یُؤْتِکُمْ اُجورَکُمْ ولا یَسْأَلْکُمْ اَمْوالَکُمْ (٣٦) اِنْ یَسْأَلْکُمُوها فَیُحْفِکُمْ تَبْخَلُوا ویُخْرِجْ اَضْغانَکُمْ (٣٧) ها اَنْتُمْ هؤلاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنْفِقُوا فِي سَبیلِ اللهِ فَمِنْکُمْ مَنْ یَبْخَلُ ، ومَنْ یَبْخَلْ فَإِنَّما یَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ واللهُ الْغَنِيُّ واَنْتُمُ الْفُقَراءُ ، وإنْ تَتَوَلَّوْا یَسْتَبْدِلْ قَوْماً غَیْرَکُمْ ، ثُمَّ لا یَکُونُوا اَمْثالَکُمْ) (٣٨)

ئەی ئادەمیزاد بە ژیانی جیهان بایی مەبن ، ئەگەر ئەم ماوەی ژیانە لەگەڵ بیرو باوەڕی پاكو کردەوەی چاکا نەبێ ژیانێکی بێسەرو سوودەو ، بریتییە لە ماوەی گاڵتەی منداڵانی بچووكو فەرامۆشکاری ئینسانی مەشرەبچرووك • وە ئەگەر باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا بێیو لە خودا بترسنو یاسای دین رابگرن •• هەرچی بە عادەت بتانکەوێ خودا ئەتانداتیو زیاد لەوەیش ئەوەندەتان ئەداتێ نە بە دڵدا بێو نە چاو دیبێتی ،

وە خودا داوای دارایی ئێوە ناکا ، ئەگەر داوای داراییتان لێ بکاو زۆر پێ بنێتە سەرتان بۆ وەرگرتنی ئێوە نایدەن ، وە کینەو قارتان بەرابەر بە پێغەمەرو بەرابەر بەوانە کە بەرپرسیاری وەرگرتنی ئەو ماڵەن •• دەرئەخا •

ئاگاداربن ! ئێوە بانگ ئەکرێن بۆ ئەوە کە ماڵی خۆتان لە رێگەی خودادا ، لە غەزادا ، صەرف بکەن گەلێ لە ئێوە رژدی نیشان ئەدەنو هەرکەسێکیش کە رژدی بکا ئەوە رژدی لە خۆی ئەکاو ، خودا دەوڵەمەندەو ئێوە بەو نیازمەندنو هەموو شتێکتان لەوەوەیە • وە ئەگەر هەر پشت لە فەرمانبەری خودا هەڵبکەن ئەوە خودا ئێوە بەرباد ئەکاو گەلێکی تر دێنێتە رووی کارو ئەوانە وەکوو ئێوە نابن •

لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە ـخـ فەرمووی : کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمەر ـدـ وتیان : ئەی پێغەمەری خودا ئەو گەلە کێن کە خودا فەرموویەتی ئێمە پشت هەڵبکەین خودا لە باتی ئێمە ئەوان ئەهێنێودواییش ئەوان وەکوو ئێمە نابن ؟ ئەفەرموێت : لەو کاتەدا سەلمانی فارسی لە نزیکی حەزرەتدا دانیشتبوو ، جا لەوێدا حەزرەت دەستی دا بە رانی سەلماناو فەرمووی : « هذا واصحابه ، والذی نفسی بیده ! لو کان الایمان منوطا بالثریا لتناوله رجال من فارس ! رواه الترمــــذی • والله اعلم » وە ئەم فەرموودە پیرۆزە لەسەر زانایانی بەرزی ئایین تەطبیق ئەکرێ کە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامەوە دەستی پێکرد تا دەوری سەدەی نۆهەم ، وەکوو بە تایبەتی سەدەی سێو چوارو پێنجو شەش لە پێش هاتنی مەغۆل بەسەر دیاری ئیسلامدا • لە راستیدا بوون بە گەورە گەورەی جیهانی ئیسلام لە خزمەتکردنی ئاییندا بە کتێبدانانو ، دەرزوتنەوەو ، رێنومایی وەکوو (امام الحرمین)و ئیمامی غەزالیو ، ئیمامی رازیو ، غەیری ئەوانیش ••• خودایان لێ رازیبێو لە ئێمەیش بە پیرۆزی خزمەتی ئەوان •

سـوپاس بۆ خـودا لـە کاتی بانگی عـەصری رۆژی دووشـەمەی چواردەهەمی (ربیع االثانی) ساڵی هەزارو سێصەدو نەوەدو نۆدا لێبوومەوە لە نووسینەوەی ئەم سوورەتە ، لە حوجرەی دەرزوتنەوەی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا ـخـ • عەبدولکەریمی کوڕی محەمـەدی کوردی شارەزووری لە هۆزی قازی •

سوورەتی فەتح ، لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، لە ڕێگەی مەدینەدا کاتی گەڕانەوەی حەزرەت لە (حودەیبییە) هاتە خوارەوە ، ٢٩ ئایەتە ، دوای سوورەتی جومعە هاتوەتەخوارەوە .

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

(إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُبِيناً (١) لِيَغْفِرَ لَكَ اللهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ ، وَمَا تَأَخَّرَ ، وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ ، وَيَهْدِيَكَ صِرَاطاً مُسْتَقِيماً (٢) وَيَنْصُرَكَ اللهُ نَصْراً عَزِيزاً) (٣)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئێمە بە هۆی صولح‌و ئاشتی حودەیبییەوە دەرگای زالبوون‌و سەرکەوتنمان بەسەر مەکەو ناوچەکانی دیکەی عەرەبیدا بۆ گوشاد کردیەوە .

وە یاخود بێگومان ئێمە شاری مەکەمان بۆ فەتح کردی ، لەبەر ئەوە مادام ئاشتی حودەیبییە بوو بە پێش‌قەرەووڵی ئەو فەتحە ئەوە وەك ئەوەیە کە هەر لە ئێستەوە وڵاتەکەمان بۆ فەتح کردبی .

ئەمەیشمان بۆیە بۆ کردی تا ببێ بە هۆی بڵاوبوونەوەی دینەکەت‌و زۆربوونی تاعەت‌و چاکەو . تا خودا لەو شتانە کە بەرابەر بە پایەی تۆ لە تاوان ئەچن‌و کردووتن‌و ڕابوردوون - خۆش ببێ . هەروەها ئەو شتانەیش کە لەمەولا دێن بەسەرتاو ، نیعمەت‌و میهرەبانی خۆی لەسەر تۆ تەواو بکا

بە دامەزراندنی ئایینەکەت‌و ، بە لەناوبردنی دوژمنەکانت‌و . بە زۆرکردنی پەیڕەوانی دینەکەت لە هەموو گەل‌و وڵاتێکدا . وە شارەزات بکا بــۆ یاسای ڕاست کە دینی ئیسلامەو زاڵت بکا بەسەر ئەو دوژمنانەدا کە لــە شیبهی جەزیرەی عەرەبی‌و وڵاتانی دیکەی جیهاندا دامەزراون ... بە کورتی ئاشتی حودەیبییە ، یا فەتحی مەکە بوو بە هۆی هەرچی پایەو مایەیەکە کە لە دنیاو قیامەتدا دەستی حەزرەت‌و یارانی کەوت .

لە واقیعدا ـ وەکوو زوهری فەرموویەتی ـ هیچ فەتحێ لــە ئاشتی حودەیبییە گەورەتر نەبوو ؛ چونکە ئەم ئاشتییە بوو بە هۆی تێکەڵبوونی موسوڵمانان لەگەڵ کافراناو ئیسلامییەت چوە ناو دڵیانەوەو ، لەو ماوەی پێش فــەتحی مەکــەدا خەڵکێکی زۆر موسوڵمان بوون ، هــەتا کۆمەڵی موسوڵمانان زۆر بوو ، پاش سێ ساڵ لەو ڕووداوە سوپای حەزرەت بــە هەشت هەزار کەسەوە شاری مەکەیان لە بتپەرستیی ڕزگارکرد .

ڕیوایەت‌کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ـخـ : کاتێ ئایەتی پیرۆزی (لیغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تأخر) هاتەخوارەوە بۆ سەر حەزرەت ـدـ لە گەڕانەوەیا لە حودەیبییە بۆ مەدینەی مونەوەرە حەزرەت فەرمووی : خودا ئایەتێکی ناردوەتە خوارەوە بۆ ســەر من لە لام خۆشەویستترە لــە هەرچی لەسەر زەویدایەو ، ئایەتەکەی خوێندەوە ، ئەوانیش عەرزیان‌کرد : یاخوا بە ساغی‌و سافی‌و ڕێز بێ ، باشە وا ئەوانەی داوە بە تۆ ئەی چی بۆ ئێمــە هاتوەتەخوارەوە ؟ جا ئــەم ئایەتە هاتەخوارەوە : (لیدخل المؤمنین والمؤمنات ... الآیة) .

واتە : با خودای میهرەبان موسوڵمانەکان لە پیاوو ژن بخاتە ناو چەن بەهەشتێکەوە کــە جۆبار لە ژێریانەوە دەرئەچێ‌و تیــایانا ئەمێننەوە هــەتا هەتایە .

وە ریوایەتکراوە لە عائیشەوە ـخـ فەرمووی : پێغەمەر ـدـ ئەوەندە لە شەونوێژدا ئەمایەوە هەتا پێکانی شەقیانئەبرد ، واتە ئەتەرەکین ، وە لە ریوایەتێکا ئاوسان • منیش عەرزی حەزرەتم کرد : بۆچی وا ئەکەی لـە خۆت ؟ خۆ خودا فەرموویەتی : (لیغفر لك الله ما تقدم •••) پێغەمەر لە وەڵامیا فەرمووی : ئایا حەز ناکەم بەندەیەکی سوپاسگوزاری خودای خۆم بم ! واتە ئەم حاڵە لە واجیباتی بەندەییە بەجێی دێنم •

(مجمّعی) کوڕی جارییە ، کە یەکێ بوە لە قورئان خوێنەکان ، ئەڵێ : لـە حودەیبییەدا لـە خزمەتی حەزرەتدا بووین . کاتێ حودەیبییەمان بەجێ هێشت تەماشام کـرد خەڵکی پەلە لـە وشترەکانیان ئەکەنو بـە خێرایی ئەڕۆن . جا خەڵکەکە بازێکیان بە بازێکیان وت : ئەمە چیە ؟ خودا وەحی بۆ حەزرەت ناردوە •

(مجمع) ئەڵێ : ئێمەیش بە پەلە رۆیشتین تا گەیشتین بە حەزرەت ـدـ لە (کراع الغمیم) لـە نێوان مەکـەو مەدینەدا . جـا کاتێ خەڵکەکە گردبوونەوە حەزرەت ـدـ (انا فتحنـا لك فتحـا مبینا •••)ی بەسـەرا خوێندینەوە • لەوێدا عومەر فەرمووی : ئەی پێغەمەری خودا ئایا ئەمـە فەتح بوو ؟ فەرمووی : بەڵێ سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەمە فـەتح بوو • واتـە ئـەم صوڵحی حودەیبییە بوو بـە هۆی تێکەڵبوونی موسوڵمانان لەگەڵ کافراناو ، گەلێ لە کافران بە باشیلە ئامانجو مەبەستی ئایینی ئیسلام گەیشتنو . لە راستی ئایینی ئیسلام شارەزا بوونو خەڵکێکی زۆر لە عەرەب موسوڵمان بوونو ، ئەوەندەی پێ نەچوو کە حەزرەت بـە سوپایـەکی گـەورەوە هاتـەوەو شاری مەکەی گـرتو ، دوای صوڵحی حودەیبیە فەتحی خەیبەری کردو غەنائمی شاری خەیبەر بەسەر بەشدارانی

حودەیبییەدا بەش کرایەوەو ، ئەوانە کە لە حودەیبییەدا حازربوون هەر ئەوانەیش حازری خەیبەر بوونو خەیبەریان گرت •

وە بازێ فەرموویانە : ئەم کەلیمەی (فتحا مبینا) ە هەر مەبەس فەتحی مەکەیەو بەڵگەیشە لەسەر ئەوە کە مەکە بە جەنگو زۆر گیراوە ؛ چونکی ناوی (فەتح) بۆ گرتنی زۆربگیرەو ئەمە حەقیقەتی مەعنای کەلیمەکەیە •

وە بازێ فەرموویانە : کە مەکە بە شەڕ نەگیراوەو بە دۆستیو صوڵح بوەو کەلیمەی (فتحا) لێرەدا مەجازە • یانی لە صوورەتا لە فەتح ئەچێو لە راستیدا ئەو زۆرو قارە لە کارا نەبوە •

﴿ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ ، وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (٤) لِيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا . وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ، وَكَانَ ذَلِكَ عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا (٥) وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ . وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ ، عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ ، وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ، وَلَعَنَهُمْ ، وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (٦) وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) (٧)

خودا خودایەکی وایە ئارامیو دامەزرانو هێمنی ناردوە بۆ ناو دڵی موسوڵمانەکان هەتا پلە پلە باوەڕیان بە ئەحکام زیاد بێ لەسەر باوەڕی پێشوویان •

یه‌که‌مجار خـــودا ـ خودابه‌یه‌کناسینی واجب‌کـــردو موســـوڵمان وه‌ری‌گرت • جا نوێژی واجب‌کردو موسوڵمان به‌جێی هێنا • پاش ئـه‌وه ڕۆژووی فه‌رزکـــردو موســـوڵمانان گرتیـــان • دوای ئه‌وه حـه‌جی داناو موسوڵمانان به‌جێیان هێنا • وه هه‌موو پله‌پله‌ی ئیمان به زیادکردنی نووری ڕه‌حمه‌تو ناردنی بۆ ناو دڵیان بوو • وه بۆ خودایه سوپای ئاسمانه‌کانو زه‌وی •

فریشته‌ی پیرۆز یا با یا باران
یاخود ڕه‌عدو به‌رق له‌سه‌ر دیاران
بۆ بازێ سوودن بۆ بازێ زیان
یا گیا ئه‌ڕوێنن ، یا ئه‌ستێنن گیان
دڵێ بـه نووری پـه‌روه‌ردگاری
مونـه‌ووه‌ر نـه‌بێ نابارە بۆمـان

وه خودای ته‌عالا ئه‌م سوپای خۆیه بۆ ئه‌وه ئه‌خاته‌کار هـه‌تا خاوه‌ن ئیمانانی پیاوو ژن بباته ناو به‌هه‌شتێکه‌وه که چه‌ن جۆبار له ژێریانه ڕه‌وان ئه‌بن‌و هه‌تا به‌نده‌کانی خۆی هه‌ڵبنێ بۆ تـه‌وبه‌و په‌شیمانی‌و ئـه‌و کرده‌وه خراپانه ئه‌وان کردوویانه دایانپۆشێ ، وه ئه‌م تاوان‌داپۆشینه گه‌یشتن بـه پله‌و پایه‌و به‌شێکی گه‌وره‌یه له لای خودا •

وه هه‌تا خاوه‌ن نیفاقه‌کانو دووڕووه‌کانو کافره‌کان ، له پیاوو ژن ، ئه‌وانه گومانیان به خودا ناهه‌مواره‌و دیعایه ئه‌که‌نو ئه‌ڵێن : موسوڵمانه‌کان له حوده‌یبییه ناگه‌ڕێنه‌وه‌و کافره‌کان هه‌موویان ئه‌کوژن •• جا ئه‌م جۆره کافـرانـه‌و ئـه‌م جـۆره دووڕووانـه بـــه‌ڵای ناشـــیرین وا بـه ڕاسه‌ریانه‌وه ئه‌و به‌ڵایه که به خه‌یاڵی خۆیان بۆ موسوڵمانه‌کانیان دائه‌نا •

وە خودا قاری لێ گرتوونو لە میهرەبانی خۆیی دوورخستوونەوەو دۆزەخی بۆ ئامادە کردوونو دۆزەخ جێگەو شوێنێکی زۆر نابارە : وە سوپای ئاسمانو زەوی بۆ خودایەو خودا خاوەن عیزەتو حیکمەتە •

(إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً (٨) لِتُؤْمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ ، وَتُعَزِّرُوهُ ، وَتُوَقِّرُوهُ ، وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً) (٩)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئێمە تۆمان ناردوە بە حالێ کە شایەت بی لەسەر گەلەکەت بە حوزووری بەندەیی‌و فەرمانبەرداری‌و دووریی لە تاوانو یاخی‌بوون ، بۆ ئەوە باوەڕ بە خوداو پێغەمەری خودا بکەنو ، هێز بە دینی خودا بدەنو ، ڕێزی ڕاستی بگرنو ، بەیانی‌و ئێوارە تەسبیحاتی خودا بکەنو ، بە گوێری توانا حەقی بەندەیی بۆ بەجێ‌بێنن •

ریوایەت‌کراوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ـخـ ئەڵێت : ئەم ئایەتە پیرۆزە کە لە قورئاندایەو ستایشی پێغەمەری ئاخرزەمان ئەکا کە ئەفەرموێ : (انا ارسلناك شاهدا •••) لە تەوراتیشدا هاتوەو بازێ زیادەی تێدایە ، ئەفەرموێت : ئەی پێغەمەر ئێمە تۆمان ناردوە بە شایەت لەسەر گەلەکەت بۆ چاکەو خراپەیانو ، بە موژدەدەر بە ڕەفتارباشانو بە ثەنا بۆ ئەو گەلە کە نەخوێندەوارن ، تۆ بەندەی منی‌و تۆ پێغەمەری منی ، ناوم ناوی بە (متوکل) یانی پاڵدەرەوە بە ڕەحمەتی خودا ، وە ئینسانێکی توورەو واتەگرانو دەنگ‌بەرزەوەکەر نیت لە بازاڕاو ، بەرابەری خراپەی بەدکار بە خراپە ناکەی ، بەڵکو چاوپۆشی ئەکەی ، جا خودای تەعالا چەن چاوێکی کوێری پێ ئەکاتەوەو چەن گوێیەکی کەڕی پێ بەرئەداو ، چەن دڵێکی لە پەردەی عەنادا داپۆشراوی پێ دەرئەکاو ، خودا نایمرێنێ هەتا

ئەو دینە لارە کە خەڵك وان لەسەری وەکوو هاوبەش بۆ خودا دانان بێ
پێی راست ئەکاتەوە ، بەم جۆرە بۆ خودابەیەك‌ناسی بڵێن : لا اله الا الله .

(إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ ، يَدُ اللَّهِ فَوْقَ
أَيْدِيهِمْ ، فَمَنْ نَكَثَ فَإِنَّمَا يَنْكُثُ عَلَى نَفْسِهِ ، وَمَنْ أَوْفَى
بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا) (١٠)

بێگومان ئەو کەسانە کە دەستیان نایە ناو دەستی تۆو پەیمانیان لەگەڵا بەستی ئەوە پەیمانیان لەگەڵ خودادا بەست ؛ چونکی مەبەست لەو پەیمانە خزمەتی ئایینی ئیسلامو رەزای خودا بوو ، جا هەرکەسێ ئەو پەیمانە بشکێنێ ئەوە لەسەر زیانی خۆی ئەیشکێنێو ، هەرکەسیش وەفا بکا بەو پەیمانەو لەسەری بڕواو ئەوەی کە عەهدی پێ‌کردوە لەگەڵ خودادا تەواوی بکا .. خودا پاداشێکی گەورەی پێ‌ئەدا .

(سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ مِنَ الْأَعْرَابِ : شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا
وَأَهْلُونَا . فَاسْتَغْفِرْ لَنَا ، يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِمْ مَا لَيْسَ فِي
قُلُوبِهِمْ . قُلْ : فَمَنْ يَمْلِكُ لَكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ، إِنْ أَرَادَ
بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا ؟ بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرًا (١١) بَلْ ظَنَنْتُمْ أَنْ لَنْ يَنْقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ
إِلَى أَهْلِيهِمْ أَبَدًا . وَزُيِّنَ ذَلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ ، وَظَنَنْتُمْ ظَنَّ
السَّوْءِ ، وَكُنْتُمْ قَوْمًا بُورًا (١٢) وَمَنْ لَمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ
وَرَسُولِهِ . فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا (١٣) وَلِلَّهِ مُلْكُ
السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ ، وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ ،
وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا) (١٤)

پاش ئەوە کە تۆ قەبیلەکانی (ئەسلەم)و (جوهەینە)و (موزەینە)و (غیفار)ت بانگ کرد بۆ ئەوە گردبینەوەو لەگەڵ ئێوەدا بڕۆن بۆ مەکە بۆ (عومرە)و نەهاتن‌و ، ئێـوە رۆیشتن‌و بـە بێ زیان گەڕانەوە .. ئـەو دواکەوتووانە کە دواکەوتن لـە هاتن لەگەڵ ئێوەداو لـە گیانی خۆیانا لـە دینیشـدا دواکەوتوو بوون .. لـە لای تۆدا لـە رووی عوزرو بیـانوو هێنانەوەوە دەڵێن : لەو کاتەدا کـە ئێوە سەفەرەکەتان کـرد ماڵو ئاژاڵو ژیوارمان‌و منداڵو خێزانی پرژۆ بلاومان دەست‌و پێیان گرتین‌و مەشغوولیان کردین بۆیە نەهاتین لەگەڵتانا . دەی داوای لێ‌خۆشبوونمان بۆ بکە لـە خودا . ئیستە بە زمان شتێك ئەڵێن کە لە دڵیانا نیەو دڵیان وا ناڵێ ؛ چونکی ئەزانن بیانوەکەیان درۆیەو ، هۆی لاوازی ئیمانیان بوو نەیهێشت پێیان رێ دابگرێ‌و لەگەڵتانا بێن‌و ، تۆیش بەوە نازانن کـە بـە راستی پێغەمەری خودابی‌و بۆیان بپاڕێیتەوە ، تۆ پێیان بڵێ : نەخەیر نەهاتنتان بەو بۆنەوە نەبوو بەڵکو ئیمانی لاوازتان رێگەی نەدان ، ئەگەرنا ئەگەر باوەڕتان بـە خودا ببوایە ئەتانزانی هەرچی خودا نەیکا نابێ‌و ، کێ بـە راستی خاوەنی سوودە بۆ ئێوە کـەم یا زۆر ئەگەر خودا خواستی لەسـەر زیانێ بێ بۆ ئێوە ؟ وە یاخود خواستی لەسەر قازانجی ئێوە بێ . بەڵکو مەسئەلە لـە شوێنێکی ترایەو خودا ئاگادارە لەسەر ئەوە کە ئێوە ئەیکەن .

بەڵکو گومانتان وابو کە قورەیش ئامادەن بۆ جەنگ لەگەڵ حەزرەت‌و یاراناو لێیان‌ئەدەن‌و تاقیان دەرناچێ‌و پێغەمەرو موسوڵمانەکان ناگەڕێنەوە بۆ لای ماڵو خیزانیان هەتاهەتایە ، وە ئەم باوەڕە شڕە لـە دڵتانا جوان کرابوو گومانتان برد بەم وەزعە نابارە . وە ئێوە گەلێکی بەربادو لەناوچوو نەماون ، وە هەرکەسێ باوەڕێکی ساغی بە خوداو پێغەمەری خودا نەبێ ئەوە کافرەو ئێمە ئاگرێکی بڵێسەدارمان بۆ کافرەکان ئامادە کردوە . وە

بۆ خودایه نه‌ك بۆ كه‌سێ تر مولكی ئاسمانه‌كان‌و زه‌وی ، ئه‌به‌خشێ ئه‌وانه‌ی بیه‌وێ بیان‌به‌خشێ‌و سزا ئه‌دا ئه‌وانه بیه‌وێ سزایان بداو ، خودای ته‌عالا تاوانبه‌خش‌و میهره‌بانه •

(سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ ـ إِذَا انْطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ـ : ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ ، يُرِيدُونَ أَنْ يُبَدِّلُوا كَلَامَ اللَّهِ ، قُلْ : لَنْ تَتَّبِعُونَا ، كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِنْ قَبْلُ . فَسَيَقُولُونَ : بَلْ تَحْسُدُونَنَا ! بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا) (١٥)

له‌مه‌ولا ئـه‌و هۆزه دواكه‌وتووانه لـه سه‌فه‌ری حوده‌یبییه بـه ئێوه ئه‌ڵێن ـ كاتێ رۆیشتن بۆ خه‌یبه‌رو بۆ داگیركردنی وڵات‌و گرتنی تالانی ئه‌وێ ـ ئه‌ڵێن : بێڵن با ئێمه‌یش شوێنتان بكه‌وین‌و لـه‌و دارایی‌و ماڵه‌دا به‌شدار بین ، ئه‌یانه‌وێ فه‌رمووده‌ی خودا بگۆڕن ؛ چونكی خودا به‌ڵێنی دابوو به یارانی حوده‌یبییه كه ماڵێكی زۆریان پێ بدا هه‌ر بۆ خۆیان ، كه واتـه ئه‌گـه‌ر به‌شی كۆمه‌ڵێ تریش لـه‌و ماڵه‌دا بێ ئـه‌وه فه‌رمووده‌كه‌ی ئه‌گۆڕرێ ، یاخود مه‌به‌ست له فه‌رمووده‌ی خودا ئایه‌تی (قل : لن تخرجوا معی ابدا)ه • جا ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خۆشه‌ویست تۆ پێیان بڵێ : هه‌رگیز ئێوه شوێن ئێمه ناكه‌ون ، خودا له پێش ده‌رچوونماندا بۆ خه‌یبه‌ر وای فه‌رموه ، جا له‌مه‌ولا ئه‌ڵێن : نه‌خه‌یر ئێوه حه‌سوودیمان پێ ئه‌به‌ن له ده‌سكه‌وتی تالانا بۆیه نایه‌ڵن له‌گه‌ڵتانا بێین بۆ خه‌یبه‌ر •

ئه‌م گوفتوگۆیه پاش هاتنه‌وه‌ی حه‌زره‌ت له حوده‌یبییه بۆ مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره بو ؛ چونكی سه‌فه‌ری حه‌زره‌ت به خه‌یاڵی عومره له‌گه‌ڵ یارانیا لـه ساڵی شه‌شی كۆچیـدا بوو ، وه پاش مه‌نعی قوره‌یش بۆ حـه‌زره‌ت‌و

نووسینی نامەی صولّح لە مانگی (ذی الحجه)دا هاتەوە بۆ مەدینە تا دوایی ئەو مانگەو چەن رۆژێ لە (محرم)ی ساڵی حەوتی کۆچی لە مەدینەدا بوو ، جا لەسەر فەرمانی خودا رۆیشت بە سوپای حودەیبییەوە کە هەزارو سێصەد کەس بوون بۆ خەیبەرو ، شاری خەیبەری گرتو تالاّنەکەی بەسەر یارانیدا بەش‌کردەوە ، بەشی کەسی تری لێ نەدا ، لەبەر ئەوە عەرەبەکانی هۆزەکان گەلێ قسەی بێ‌سوودو پڕوپووچیان کردو ئەیانویست لەو ماڵەدا بەشدار بن ، جا خودا فەرمووی : نەخەیر ئەمانە هەر لەوانە نیە فامیدەو زانا بن‌و نافامن فامینێکی کەم نەبێ کە بریتییە لە فامی ژیوارو پایەو مایەی دنیایی •

(قُلْ لِلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الأَعْرَابِ : سَتُدْعَوْنَ إِلى قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ ، فَإِنْ تُطِيعُوا يُؤْتِكُمُ اللهُ أَجْراً حَسَناً ، وإِنْ تَتَوَلَّوْا ـ كَما تَوَلَّيْتُمْ مِنْ قَبْلُ ـ يُعَذِّبْكُمْ عَذَاباً أَلِيماً (١٦) لَيْسَ عَلَى الأَعْمى حَرَجٌ ، ولاَ عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ ، ولاَ على المَرِيضِ حَرَجٌ • ومَنْ يُطِعِ اللهَ ورَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ ، ومَنْ يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَاباً أَلِيماً (١٧)

تۆ بەو دواکەوتووانە لە هۆزەکانی عەرەبی دەشتەکی‌و سارانشین بڵێ : لە داهاتووی نزیکدا لە لایەنی سەرۆکی موسوڵمانەوە بانگ ئەکرێن بۆ جەنگکردن لەگەڵ گەلێکی بەهێزی سەرسەختدا ، بۆ ئەوە کە جەنگیان لەگەڵدا بکەن یا خەیر موسوڵمان بین • جا ئەی عەرەبە دەشتەکییەکانی دواکەوتوو لە حودەیبییە ئەگەر فەرمانبەری ئەو سەرۆکە بکەن‌و بڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵ ئەو گەلەدا ئەوە خودا پاداشێکی باشتان پێ ئەدا • وە ئەگەر

پشت لەم جەنگەیش هەڵبکەن وەکوو لەمەوپێش پشتتان هەڵکرد ئەوە خودا سزاتان ئەدا بە سزایەکی سەختو ئازاراوی •

ئیبن‌و عەبباس‌و موجاهیدو عەطاو ئیبن‌و ئەبی لەیلا فەرموویانە : ئەم گەلە خاوەن هێزە (فارس)ن • وە کەعب‌و حەسەن‌و عەبدورەحمان ئەڵێن : ئەم گەلە (رۆم)ن • وە ئیبن‌و جوبەیر ئەڵێ (هەوازین)و (ثەقیف)ن • وە قەتادە ئەڵێ : هەوازین‌و غەطفانە کە لە رۆژی حونەیندا جەنگیان لەگەڵا کرا • وە زوهری‌و موقاتیل ئەڵێن : ئەو گەلە بەهێزە بەنوحەنیفەی خەڵکی (یــەمامە)ن • وە رافیعی کوڕی خودەیج ئەفــەرموێت : ئــەم ئایەتــەمان ئەخوێندەوە : (ستدعون الی قوم •••) وە نەمانئەزانی ئەو گەلە کێن هەتا پاش وەفاتی حەزرەت ئەبوبەکری صەدیق ناردینی بۆ جەنگی بەنی حەنیفە ، جا زانیمان کە گەلەکە ئەوانن • وە ئەبوهورەیرە ئەڵێ : هێشتا ئەو گــەلە نەهاتوون •

وە لە واقیعا زانا شارەزاکان ئەڵێن : ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر خەلافەتی ئەبوبەکرو عومەر ــخـ لەبەر ئەوە ئەبوبەکر یاران‌و هۆزەکانی بانگ‌کرد بۆ جەنگی بەنی حەنیفەو عومەر بانگی کردن بۆ جەنگ لەگەڵ فارس‌و رۆمدا •

بەڵام ئەو رایە کــە دەڵێ : ئــەو گەلە هەوازین‌و غەطفانن لــە رۆژی حونەیندا •• ئەوە راست نیە ؛ چونکە مەحاڵە بانگکەرەکەیان پێغەمەر بێ ، چونکی حەزرەت لەســەر فەرموودەی خودا فەرمووی : (هەرگیز لەگەڵ مندا دەرناچن‌و لەگەڵ مندا شەڕ لەگەڵ دوژمنا ناکەن) کەوابو ئەبێ داعیە حەزرەت نەبێ ــ د ــ وە ئاشکرایە پاش کۆچی دوایی حەزرەت کەس ئــەو هۆزانەی بانگ نەکردوە بۆ جەنگ ئەبوبەکرو عومەر نەبێ ــخـ •

بزانن ! هەر بانگێ کرابێ بۆ جەنگی موسوڵمانان لەگەڵ موسوڵمانانندا بەر ئەم ئایەتە ناکەوێ ؛ چونکی فەرموویەتی : (تقاتلونهم او یسلمون)وە ئەو گەلە لە گیانی خۆیانا موسوڵمانن •

واتـە : ئەوانە کە کوێرن ، یا شەلن ، یا نەخۆشن کولفەتو عەیبیان لەسەر نیەو بەر ئەو هەڕەشە ناکەون کە بەشداری ئەو جەنگانە نەبوون ، وە هەرکەسێ فەرمانبەرداری خوداو پێغەمەری خـودا بکا ئـەوە خـودا ئەیخاتە ناو چەن باخاتێکی وەهاوە کە جۆبار لـە ژێریانا رەوان ئەبێ ، وە هەرکەسێ پشت هەڵبکا خودا سزای ئەدا بە سزایەکی سەختو بەئازار •

(لَقَدْ رَضِيَ اللهُ عَنِ المُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ ، فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ ، فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ، وأَثَابَهُمْ فَتْحاً قَرِيباً (١٨) ومَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَها ، وكَانَ اللهُ عَزِيزاً حَكِيماً (١٩) وَعَدَكُمُ اللهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَها. فَعَجَّلَ لَكُمْ هذِهِ ، وكَفَّ أَيْدِيَ النَّاسِ عَنْكُمْ ، ولِتَكُونَ آيَةً لِلْمُؤْمِنِينَ ويَهْدِيَكُمْ صِرَاطاً مُسْتَقِيماً (٢٠) وأُخْرَى لَمْ تَقْدِرُوا عَلَيْها ، قَدْ أَحَاطَ اللهُ بِها ، وكَانَ اللهُ على كُلِّ شَيْءٍ قَدِيراً (٢١) ولَوْ قَاتَلَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوَلَّوُا الأَدْبَارَ ، ثُمَّ لاَ يَجِدُونَ وَلِيّاً ولا نَصِيراً (٢٢) سُنَّةَ اللهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلُ ، ولَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَبْدِيلاً) (٢٣)

بە راستی خودای تەعالا رازی بوو لەو موسوڵمانانە لە کاتێکا پەیمانیان لەگەڵ تۆدا بەستو دەستیان نایە ناو دەستت لە ژێر دارە (سمرە) کە لە حودەیبیەدا ، وە عیلمی تەعەللوقی بەست بەوەوە وا لە دڵیانا لـە باوەڕو

دڵسۆزیو ڕاستی لە پەیماناو ، هێمنیو دامەزراوی خستە ناو دڵیانەوەو ، پاداشی دانەوە بە فەتحێکی نزیك بۆ شاری خەیبەرو ، هەروەها پاداشی دانەوە بە تالاّنێکی زۆر کە ئێوە ، ئەی ئەهلی حودەیبییە ، وەری ئەگرن ، وە بەم زوانە ئەم تالاّنی خەیبەرەتان دەست ئەکەوێ ، وە مەنعی دەستی جوولەکەی لێ‌کردن تا یارمەتی دین بدەنو بۆ ئەوەیش ئەم گرتنی خەیبەرە ببێ بە نیشانەیەکی گەورە لەسەر زاڵبوونی ئێوە بەسەر کافراناو ، وە شارەزاتان بکا بۆ ڕێگەی ڕاست کە باوەڕە بە فەزڵو میهرەبانی خودا • وە بڕیاری تالاّنیو دەسکەوتێکی تری گەورەیشی بۆ داون کە تا ئێستە دەستتان نەڕۆیشتوە بەسەریاو ، خودا زانایەو ئاگای لە هەموو لایەکیەتیو ، خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا ، وە ئەو تالاّنە بریتییە لە تالاّنی هەوازین لە ڕۆژی جەنگی حونەیندا پاش گرتنی شاری مەکە لەمەولا لە ساڵی هەشتی کۆچیدا •

وە ئەگەر خەڵکی مەکە جەنگیان لەگەڵ بکردایەنو صوڵحتان نەکردایە هەر ئەوان ئەشکانو پشتیان هەڵئەکردو کەسیشیان دەست نەدەکەوت کە دۆستییان لەگەڵا بکا ، یاخود یارمەتییان بدا • ئەمە یاسای خودایە ، ئەو یاسایە کە ڕابوردوەو بریتییە لە زاڵبوونی پێغەمەران بەسەر دوژمنانی بانگی ئاییناو هەرگیز گۆڕان لە یاسای خودادا نابینی •

(وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ، وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا (٢٤) هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ، وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ ، وَلَوْلَا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ ، لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ

تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ ؛ لِيُدْخِلَ اللهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ ، لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَاباً أَلِيماً (٢٥)

خودا ئەو خودا میهرەبانەیە مەنعی دەستی کافرەکانی کرد لە ئێوەو مەنعی دەستی ئێوەیشی کرد لەوان لە نزیکی شاری مەکەدا لە پاش ئەوە کە ئێوەی زاڵکرد بە سەر ئەوانا ، وە خودا بینایە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن وە ئەهلی مەکە ئەو ئینسانە نابارانەن کوفری خودایان کردو باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام نەکردو ئێوەیان مەنعکرد لە ساڵی حودەیبییەدا لە چوونەناوی (مسجد الحرام)و لە طەوافی کەعبەو سەعیو هاتوچۆی نێوان صەفاو مەروەو ، مەنعی حەیوانو وشتری (هدی) راگیراویان ، کرد لەوە کە بگاتە حەرەمی مەکەو سەرببڕرێ • وە ئەگەر چەن پیاوێکی خاوەن ئیمانو چەن ژنێکی خاوەن ئیمانی داماوی وەها نەبوایە کە ئێوە پێیان نەزانن‌و بە نەزانی بێن بەسەریاناو بەسەر جێگەو رێگەیاناو زیانیان پێ بگەیەنن لە ماڵو خێزانیان ، جا بە هۆی ئەوەوە زەحمەتێکی دینی‌و زەحمەتێکی ماڵی لە واجب‌بوونی (دیە)ی ئەوان لە کوشتنیانا تووش ببوایەن بە بێ ئاگایی‌و نەزانی •• ئەگەر لەبەر ئەوانە نەبوایە دەستی ئێوەم بەرەڵا ئەکرد بۆ کوشتنیان‌و وازم لێ‌ئەهێنان با جەنگیان بکردایە ، ئەوسا ئەوەی لە موسوڵمانەکان ئەکوژرا خودا ئەیخستە بەر بەزەیی‌و میهرەبانی خۆیی‌و بەش‌و بارەی باشی ئەدایێ بە ئارەزووی خۆی •

وە یاخود ئەو پیاوانو ژنانی موسوڵمانە ببوونایێ بەڵام خۆیان جیابکردایەتەوە لە کافرەکان ئەوە کافرەکانمان بە دەستی تۆو یارانی تۆ سزا ئەدا بە سزایەکی سەخت •

ئـەم ئایەتە لەسەر ئـەو ڕووداوە هاتوەتەخوارەوە کـە لـە سـاڵی حودەیبییەدا ڕووی داوە • ئەگێڕنەوە : ساڵی حودەیبییە عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل بە سەرۆکایەتی (٥٠٠) کەسەوە دەرچوون بۆ حودەیبییە هـەتا جەنگ لەگـەڵ سوپای پێغەمەرا بکـەن لـە حودەیبییەداو ؛ حەزرەت ــدـ فەرمانی دا بـە خالیدی کوڕی وەلیـد لەگەڵ کۆمەڵێ لـە یارانا ڕۆیشتن بەرانگاریان بوونو شکاندنیانو ڕاویان نان هەتا کردنیانەوە بە ناو شاری مەکەدا •

وە ڕیوایەتێکی بێ هێزیش هەیە لەسەر ئەوە ئەم ئایەتە باسی هەرای ڕۆژی فەتحی مەکە ئەکاو ئەیکا بـە بەڵگە لەسەر ئەوە مەکە بـە جـەنگ گیراوە • بەڵام ئـەم قسـە بێ بایـەخە ؛ چونکی ئـەم سوورەتە لـە کاتی گەڕانەوەی حەزرەت لە حودەیبییە هاتوەتەخوارەوە •


(إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ . فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ . وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى . وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا . وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيماً (٢٦)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەو کاتە بکە کە ئێوە لە حودەیبییەدا بوون بـە عەزمی عومرە ڕۆیشتبوونو کافرەکانی قورەیش عـەیبو عـارو دڵگەرمی نەزانی کەوتە دڵیانەوەو بە لایانەوە نەنگ بوو کە ڕێگە بدەن ئێوە بڕۆنە ناو کەعبەوە ، جا بەرابەر بەو عەنادە کـە لـە دڵی ئەوانا بوو خودا ئـەدەبو دامـەزراویو خۆگـری خسـتە دڵی پێغـەمەری خـۆیو دڵی موسوڵمانانەوەو ، وشەیەکی لکاند بە دڵی ئەوانەوە کە سەبەبە بۆ پارێز لە سەرپێچی لە فەرمانی خودا لە دنیاداو بۆ پارێز لە سزای دۆزەخ لە قیامەتا ،

ئەو وشەیش بریتییە لە (لا اله الا الله محمد رسول الله) • واتـە ڕێگەی فەرمانبەری پێغەمەریان گرت‌و هەرچی دەربارەی صوڵحی حودەیبییە فەرموو پێی ڕازی بوون‌و سەرپێچییان دەرنــەبڕی ؛ چونکی باوەڕیان بــە تەنیایی خوداو بە پەیامی پێغەمەر بوو ، لە واقیعدا ئەوان لە هەموو کەس زیاتر شیاوی ئەو کەلیمە بوون بە بەڵگەی (کنتم خیر امة اخرجت للناس) • وە ئەوان لەبار بوون بۆ بەجێهینانی پێویستیەکانی ئەو وتە پیرۆزەو ، خودا لە ئەزەلەوە تا ئەبەد زانایە بـە هـەموو شتێ‌و ئەزانێ کێ شیاوی هەڵگرتنی یاسای ئیسلامە •

ئـەو زاتە خاوەن کەمالی زاتـە
دارای صیفاتی سەلب‌و ئیثباتە
دارای صـیفاتی زاتیـەو شـانە
پـەروەردگاری هـەردوو جیهـانە
لە پاش ئیجادی سەراسەر عالەم
دانیـا کۆمەڵێ بۆ عیلم‌و عـەلەم
یەکـەم تاقمی خاوەن کـەرامەت
ئەصحابەکان بوون لە هەموو ئوممەت
(خیـر امـة اخـرجت للنـاس)
(احق بهـا) بە بێ دەنگوباس
کەلیمەی تەقوا بـە شەهادەتەین
بوو بە (راس المال) لە بۆ (چنتین)
کەلیمەی تەقوا بە شێوەی ئیخلاص
بۆ بالای ئەوان کرا بە لیباس
ئەگەرنا بۆچی بە فەیضی مەدەد
بوون بە دڵدارو یاری محـەمەد

فیداکاری بوو شیعاری ئـەوان
خوداداری بوو شوعووری ئەوان
نـەفس و دارایی و ئەولادو پایـە
بۆ جیهادی حەق کردیان بە مایە
(هـم الاشـداء علی الکفـار)
(هـم الرحمـاء مـع الابـرار)
کشتی بەهەشتی خاوەن ئەمەر بوون
زەرعی مەزرەعەی دینی رەهبەر بوون
(رضـی الله عنهـم اجمعیـن)
(ویسری الرضا الی التابعین)
بەڵکو سـا نمێ لە رەزای خودا
بگا بە ئێمەیش لـە بەر ئیهتیدا
(نامی) ئەڕواتە پـەنای یارانی
بۆ نمی فـەیضی فیـداکارانی



لـە (روح المعانی)دا ئەفەرموێت : لـە چەن رێگەوە گێڕراوەتەوە : حەزرەت لەگەڵ یارانیا لـە مەدینە دەرچوو بەرەو حودەیبییە کەوتە رێ ، کاتێ گەیشتە (ذو الحلیفة)ی ناسراو بە (بیری عەلی) گەردنبەندی کردە ملی حەیوانی دیاری بۆ (بـەیت)و نیشانەی کردن و لـەوێوە ئیحرامی بۆ عومرە پۆشی و ، لە پێش خۆیەوە پیاوێکی لە هۆزی (خوزاعە) نارد بۆ ئـەوە هەواڵی قورەیشی بۆ بێنێتەوە ، تا کاتێ حەزرەت گەیشـتە (غدیر الاشطاط) لە نزیکی (عەسفان)دا کابرا هاتەوە بۆ لای وتی : قورەیش خۆیان ئامادە کردوەو سوپایان گردکردوەتەوە بۆ ئـەوە جەنگت لەگەڵدا بکەن و نەیەڵن بڕۆی تەوافی ماڵی خودا بکەی .

ئەویش لەگەڵ یارانیدا کەوتە راوێژ بۆ ئەوە بڕوا بەسەر (مەکە)داو بەسەر ماڵو خێزانی ئەوانەدا کە یارمەتی قورەیش ئەدەن •

جا ئەبوبەکر ـدـ فەرمووی : ئەی پێغەمەری خودا ئێمە نەهاتووین بۆ جەنگو هاتووین بۆ (عومرە) ، بەڵێ ئەگەر کەسێ لە رووماندا وێسا ئێمە جەنگی لەگەڵدا ئەکەین ، جا حەزرەت ـدـ فەرمووی : لەسەر پیرۆزی ناوی خوداو ، رۆیشتن هەتا گەیشتنە لاژووررووی حودەیبییە لەوێدا بەدیلی کوڕی وەرقای خوزاعی هات بۆ خزمەتی حەزرەت لەگەڵ تاقمێ لە گەلەکەیاو وتی : من هاتووم بۆ لای تۆو کەعبی کوڕی لووەیی‌و ، عامیری کوڕی لووەی وان لە دوامەوە بە کۆمەڵێ پیاوی جەنگییەوەو ، هەموو ئەوانە جەنگت لەگەڵدا ئەکەنو مەنعت ئەکەن لە (کعبة الله) • جا حەزرەت ـدـ فەرمووی : نەهاتووین جەنگ لەگەڵ کەسدا بکەینو بۆ عومرە هاتووین • قورەیشیش بە هۆی جەنگەوە ماندوو بوون ، ئەوان چ زیانێ ئەکەن ئەگەر حەقیان نەبێ بەسەر ئێمەوەو ، رێگەمان بدەن منو باقی عەرەب چی ئەکەین پێیکەین ؟

ئەگەر عەرەبەکان زاڵبوون بەسەرمانا ئەوە مەبەستی قورەیش دێتە دی ، وە ئەگەر خودا منی زاڵکرد بەسەر ئەوانا ئێوە داخلی ئیسلام بین • ئیتر قورەیش چییان لە من ئەوێ ؟

وەڵڵاهی من جەنگیان لەگەڵدا ئەکەم بۆ وەرگرتنی ئەوەی کە خودای تەعالا منی لەگەڵا ناردوە هەتا یا ئەوان لەناو ئەچن یا ئێمە ! جا بەدیل وتی : من ئەڕۆم قسەکانی تۆیان بۆ ئەگێڕمەوە • ئەو رۆیشت وەڵامەکەی پێگەیاندن •

جا عوروەی کوڕی مەسعوودی ثەقەفی وتی بە قورەیش : من ئەڕۆم بۆ لای محـەمەد قسـەی لەگـەڵدا ئەکـەم • ئەویش هاتو بـە توندیو هەڕەشەوە ، وەکو بەدیل ، لەگەڵ حەزرەتا دووا •

لـەو کاتەدا یارانی حەزرەتی بینی کـە زۆر ڕێزی لێ ئـەگرن ، کاتێ گەڕایەوە بۆ لای قورەیش ئەوەی دیبووی بۆی گێڕانەوەو ، وتی : بـە ڕاستی من بیرێکم هەیەو لام وایە بیرێکی باشەو بەگوێم بکەن •

جا پیاوێ لە بەنیکەنانە وتی : وازم لێ بێنن من ئەچم قسەی لەگەڵا ئەکەم • کاتێ هاتو لێیان دەرکەوت حەزرەت فەرمووی : ئەمە فلانی کوڕی فلانە ، لە هۆزێکە زۆر حەز لە وشتری گەورە ئەکەن ، وشترێکی گەورەی بدەنێ • جـا کۆمەڵی یاران زیاد لـە ئەندازە ڕێزیان لێ گرت • ئـەویش ڕۆیشتەوە وتی بـە قورەیش : ئـەو کۆمەڵە ئینسانە شـیاوی ئـەوە نین دەست بێنرێتە ڕێگەیانو نەیەڵرێ تەوافی کەعبە بکەن با بێن تەواف بکەن •

پاش ئەمە پیاوێ هات ناوی (مکرز)ی کوڕی حەفص بوو وتی : وازم لێ بێنن ، من ئەڕۆم بۆ لای • جا کاتێ دەرکەوت حەزرەت فەرمووی : ئەمە مرۆڤێکی بەدو ناپارە ! کە هات دەستی کرد بە قسەکردنو ، لە کاتی قسەکـردنیا سـوهەیلی کوڕی عـەمر لە بەنیعامیر هـات • جـا حەزرەت فەرمووی (قد سهل لکم من امرکم) ئەم زەلامە قورەیش ناردوویە بۆ لای ئێمەو پێیان وتوە : بڕۆ بۆ لایو صوڵحی لەگەڵا بکە ، وە لە صوڵحەکەیا ئەوە بڕیار بدەن کە ئیمساڵ نەیەت • وەڵلاهی نابێ عەرەب بڵێن : محەمەد بە زۆر هات بەسەر قورەیشدا ! کاتێ سوهەیل هات زۆر قسەی لەگەڵ حەزرەتا کـردو ، ئەنجـام گەیشتنە سەر ڕێکەوتنو نووسینی نامەیێ لـەم ڕووەوە •

جا حەزرەت عەلی بانگ‌کردو فەرمووی : بنووسە (بسم الله الرحمن الرحيم) ، سوهەیل وتی : ئێمە ئەمە نازانین ، بنووسە (باسمك اللهم) حەزرەت فەرمووی : بنووسە (باسمك اللهم) • دوایی فەرمووی : بنووسە (هذا ما صالح عليه محمد رسول الله) • سوهەیل وتی : ئەگەر باوەڕمان ببوایە کە تۆ رەوانەکراوی لە لای خوداوە رێگەی مالی خودامان لێ‌نەدەگرتی‌و جەنگمان لەگەلدا نەدەکردی • ناوی خۆت‌و باوکت بنووسە • جا پێغەمەر فەرمووی : من پێغەمەری خودام با ئێوەیش باوەڕم پێ نەکەن‌و بە درۆم بخەنەوە • دوایی نامەی صولحی حودەیبییەیان نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی بە کوردی :

ئەم نووسراوە نامەیەکە محەمەدی کوڕی عەبدوللاو سوهەیلی کوڕی عەمر ـ کە وەکیلی قورەیشە ـ لەسەری رێکەوتوونو ، رێکەوتنەکەیش بەم جۆرەیە :

جەنگ لە نێوانیانا هەلبگیرێ بۆ ماوەی دە سال‌و لەو ماوەدا لە یەکتری ئەمین بن‌و ، کەس دەس نەبا بۆ کەس •

لەو ماوەدا هەرکەسێ لە قورەیش هات بۆ لای محەمەد ، بێ رەزامەندی خاوەنەکەی ، بنێررێتەوە بۆیان •

هەرکەسێ لەوانەی کە لەگەل محەمەدان ، ئەگەر چوو بۆ لای قورەیش ، نەینێرنەوە •

وە لەناومانا (جانتای داخراوبێ) • واتە چلۆن بەرگ‌و پۆشاك ئەخرێتە ناو جانتاوەو دەرگاکەی کلیل ئەدرێ‌و ئەو بەرگە دەرناکەوێ وەها هەر فروفێل‌و مەکرو شتێ هەیە ونبکرێ‌و ، دەرگای دابخرێ‌و ماوەی دەربڕینی نەدرێ • واتە کەس فێل لەکەس نەکا •

وە شیر رووت‌کردن لە بەرانبەری یەکەوە نەبێو ، کراسی زرێ‌پۆش نەبێ • یانی شەڕو ئاژاوە نەبێ •

وە هەرکەس بیەوێ بێتـە ژێر پەیمانی محەمەد با بێتو ، هـەرکەس بیەوێ بێتە ژێر پەیمانی عەرەب با بڕوا •

ئەمساڵ محەمەد لە حودەیبییەوە ئەگەڕێتەوەو ناچێتە ناو مەکە •

ساڵێ تر محەمەد دێتەوەو خەڵکی مەکـە لەشـار دەربچن‌و محـەمەد بەخۆی‌و یارانییەوە بێنە مەکەو سێ شەوو رۆژ بمێننەوە چەکی سوارییان پێ بێ . واتە پێویستی خۆی بۆ بەرگری نەك چەکی زۆر بۆ جەنگکردن لەگەڵ دوژمندا ، وە شیریان لە کێلانا دەرنەیێ ، بە بێ ئەم وەزعە نەیەنە ناو مەکەوە •

ئەم ئاشتی‌نامە لە ناو ئەهلی تەفسیرو سیرەتی پێغەمەردا بـە فەتحی موبین ئەژمێررێ‌و ، درێژەی ئەم باسە لە کتێبە سیرەتەکاندایە •

(لَقَدْ صَدَقَ اللهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ : لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ ، إِنْ شَاءَ اللهُ ، آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ ، فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا ، فَجَعَلَ مِنْ دُونِ ذَلِكَ فَتْحاً قَرِيباً (٢٧)

هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ ، وَكَفَى بِاللهِ شَهِيداً (٢٨)

مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ ، وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ . تَرَاهُمْ رُكَّعاً سُجَّداً ، يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنَ

اللهِ وَرِضْوَاناً ، سِيمَاهُمْ فِي وجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ، ذٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ • ومَثَلُهُمْ فِي الإِنْجِيلِ : كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ ، فَآزَرَهُ ، فاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ ، يُعْجِبُ الزُرَّاعَ ، لِيَغِيظَ بِهِمُ الكُفَّارَ ، وعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وأَجْراً عَظِيماً) (٢٩)

ریوایەتکراوە : پێغەمەر ـدـ لە پێش سەفەری حودەیبییەدا لە خەوا بینی : کە خۆیو ، یارانی چوونە مەکەو بە ئەمینی مەناسیکەکانی ئەو شوێنەیان بەجێ ئەهێناو ، بازێ سەریان تاشیو بازێ مووی سەریان کورتکردەوە • وە لەو رۆژەدا ئەم خەوەی گێڕایەوە بۆ ئەصحابەکانی ، ئەوانیش گەلێ شادمان بوونو باوەڕیان وابوو ئەو خەوە هەر لەو ساڵی حودەیبییەدا دێتە جێ • جا کاتێ رۆیشتن بۆ حودەیبییەو مەجالی ئەوەیان پێ نەدان بڕۆن بۆ طەوافی بەیت ، بازێ وتیان : ئەمە چۆن وابوو ؟ نە تەوافی بەیتو ، نە سەرتاشینو ، نە مووکورتکردنەوە ! جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە •

واتە بە راستی خودا راستی کردوە لەگەڵ پێغەمەرەکەیا لەو خەوەدا کە نیشانی داوە •

بێگومان ئەڕۆنە ناو ماڵی خوداوە لەسەر خواستی خودا ، بە هێمنیو ، حاڵتان وایە بازێکتان سەرتان ئەتاشنو بازێکتان موەکانی کورتئەکەنەوەو ، لە کەس ناترسن لە دواییدا رێگەتان لێبگرن ، جا وا خودا ئەو شتانە ئەزانێ کە ئێوە نایانزانن ، وە دوای ئەوەیش فەتحێکی نزیکی لە سەفەری حودەیبییەوە بۆ بڕیار داون •

خودا ئـەوە نیە کـە هەندێ باوەڕ لاواز بیری لێئەکاتەوە ، حاشا !
بەڵکو خودا ئەو خودایە کە پێغەمەری خۆی ناردوە لەگەڵ بەش‌و بارەی
شارەزاکردنی نەزانانا بۆ رێگـەی راستی‌و ، ناردوویـەتی لەگـەڵ ئایینی
ئیسلامدا بۆ ئەوە کە بەرزی بکاتەوە بەسەر هەموو دینێکا ، وە خودا بەسە
بۆ شایەتی لەسەر پەیامی پێغەمەر ـدـ •

محەمەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموطەلیبی هاشمی قورەیشی
کـە دایکی ناوی ئامینەی کچی وەهـەبەو لـە نـەوەی ئیسماعیلی کوڕی
ئیبراهیمە •• پێغەمەری خودایە بۆ سەر هەموو پەری‌و ئادەمیزاد بە پەیامێ
کە لە پاش ئەو پەیام نابێ • وە ئەو یارانەیش کە وان لەگەڵ ئەوا بە دڵ‌و
بە رەفتارو بە گوفتار کۆمەڵە ئادەمیزادێکن جیاکراونەتەوە لـە جیهانا بۆ
خزمەتی ئەو پێغەمەرەو راوەستاون لەسەر حەق‌و راستی‌و ، بە تین‌و هێزن
لەسـەر کافرەکان‌و ، میهرەبان‌و نـەرمن لەگـەڵ یەکتردا لـە ناو خۆیانا ،
ئەیان‌بینی لـە روکووع‌و سوجوودا • واتـە : هەمیشـە خـەریکی نوێژو
بەجێهێنانی فەرمانی خودان‌و داوای بەش‌و بارە لە خودای خۆیان ئەکەن ،
وە نیشانەی لەسەر راستی‌و خێرو فەرمانبەرداری‌و سەلامەتی بیرو باوەڕ لە
ناو تەوێڵی جوانیانا دیارە لە شوێنەواری دەوامی سوجدەبردنەوە بۆ خودا •
ئەم نیشانەو سیفەتە کە باس‌کرا دەربارەی ئەوان ئەمە ئەوەیە کە لە تەوراتا
بوەو هەیە • بەڵام وێنەو نیشانەیان لە (ئینجل)دا ئەمەیە : ئەوانە وەکوو
کشتێ وان لقی دەرکردبێ‌و ئـەو زەرعەو لقـەی قائیم‌و ئەسـتوور کردبێ
ئەویش خۆی گرتبێ لە هەموو لاو تەنیشتێـکەوەو گەیشتبێ بە ئەندازەی
عادەتی خۆی‌و راوەستابێ لەسەر ساقی ئـەو لقە لـە زەوی دەرئەچێ بـە
جۆرێ کـە کشتەوان ئەخاتـە شادمانییەوە بۆ ئەوە کـە قاری کافرەکانی
پێ‌هەڵبسێنێ • وە خودا وادەی داوە بەوانە کە باوەڕیان هێناوە بە حەزرەتی

محەمەدو کردەوەی باشیان کردوە لە : دەوامی بەندەیی بەدەنیو ، ئەدای واجبو ، دەس‌هەڵگرتن لە حەرامو ، جیهاد لە ڕێگەی خودادا ... کە ئەو کەسانەیش ئەو یارە جوانڕەفتارانەن .. وادەی پێداون بە چاوپۆشی لـە کەمو کووڕیو ، وادەیشی پێداون بە پاداشێکی گەورە .

ئەجرێ گەورە بێ بە لای خوداوە

حسێبی نیـە لـە رووی دنیاوە

سوورەتی حوجورات لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، هەژدە ئایەتە ، دوای سوورەتی موجادەلە هاتوەتەخوارەوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

(يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا لا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللهِ وَرَسُولِهِ ، واتَّقُوا اللهَ ، اِنَّ اللهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) (١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! هیچ کاری سەربەخۆ مەهاونە پێش حوکمی خوداو پێغەمەری خودا ، واتە : بە بێ وەرگرتنی فەرمانی خودا هیچ حوکمو کارێ مەکەن . یاخود مەکەونە پێش خوداو پێغەمەرەوە ، واتە سەرپێچی لە فەرمانیان مەکەن .

لە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر دەگێڕنەوە ـخـ دەفەرموێ : وەفدێ لە بەنی تەمیم هاتن بۆ خزمەتی پێغەمەر ـدـ . جا حەزرەتی ئەبوبەکر عەرزی حەزرەتی کرد : کە قەعقاعی کوڕی مەعبەد بکە بە گەورەیان ، وە عومەر عەرزیکرد : کە ئەقرەعی کوڕی حابیس بکە بە گەورەیان . ئەبوبەکر دڵگران بوو ، وتی : تۆ هەر مەبەستت بەربەرەکانێی من بوو لەم قسەدا ! عومەریش وتی : شتی وام مەبەس نەبوەو ، کەوتنە هاوردوبردی قسەوەو دەنگیان بەرزبوەوە . لەو کاتەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە :

(يا اَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ! لا تَرْفَعُوا اَصْواتَكُمْ فَوْقَ صَوْتَ النَّبِيِّ ، ولا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ ، اَنْ تَحْبَطَ اَعْمالُكُمْ واَنْتُمْ لا تَشْعُرُونَ (٢) اِنَّ

الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى ، لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ) (٣)

ئەی کەسانێ باوەڕتان هەیە بە خوداو پێغەمەری خودا ! دەنگ بەسەر دەنگی پێغەمەرا بەرزمەکەنەوەو ، بە دەنگی ئاشکراو نابار ، وەکوو بازێکتان قسە لەگەڵ بازێکتانا ئەکەن ، قسە لەگەڵ پێغەمەرا مەکەن ، نەکا تووشی بێ‌ئەدەبی بین‌و کردەوە باشەکاتتان بە زایەو بێ‌سوود بڕواو ئێوە بە خۆتان نەزانن ، بێگومان ئەوانە کە دەنگیان نزم‌ئەکەنەوە لە لای پێغەمەری خودادا ئەوانەن کە خودا دڵی پوختەکردوون بۆ تەقواو پارێزگاری ، وە ئەوانە لە لای خوداوە خۆشبوون لە تاوانیان‌و پاداشی گەورەیان بۆ بڕیاردراوە •

جا (ابن الزبیر) ئەڵێ : ئیتر عومەر لە لای حەزرەتدا قسەی نەدەکرد تا پێغەمەر پرسیاری لێ نەکردایە •

وە لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە کە حەزرەت ـدـ پرسیاری لە ثابیتی کوڕی قەیس کردو هەواڵی پرسی ، پیاوێ عەرزی حەزرەتی کرد : من ئێستە بۆت ئەدۆزمەوە • ڕۆیشت بە شوێنیا ، تەماشای کرد وا لەماڵی خۆیا دانیشتوەو سەری داخستوە • کابرا لێی‌پرسی : ئەوە بۆچی وات‌کردوە لە خۆت ؟ وتی : شەرمەزاری هاتوە بەسەرماو تووشی خراپەو بەدی بووم ؛ من دەنگم بەرزکردوەتەوە بەسەر پێغەمەراو هەر کردەوەیەکم کردوە پووچ‌و بێ‌بایەخ بوە • ئەویش هاتەوە بۆ خزمەتی حەزرەت‌و قسەکەی بۆ گێڕایەوە ، پێغەمەر فەرمووی : بڕۆ پێی بڵێ تۆ لە خەڵکی بەهەشتیت‌و لە خەڵکی ئاگر نیت !

(إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْقِلُونَ (٤) ولَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِم لَكَانَ خَيْراً لَهُمْ . واللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٥)

بـە راستی ئەو کەسانە کە لـە پشتی هۆدەکانەوە بانگت لێ ئەکەن زۆربەیان فامی شێوەی ئـەدەبیان نیـەو ، نازانن بانگکردنی وەها شیاوی شانی تۆ نیە ، وە ئەگەر ئەوانە پەلەیان نەکردایەو خۆیان بگرتایە هەتا تۆ خۆت ئەچوویتە دەرەوە بۆ لایان ئەوە بۆ ئەوان چاکتر ئەبوو لـەم جۆرە بانگکردنە ، بەڵام هەرچۆن ببێ خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

جەلالەدینی سیووطی ـخـ ئەفەرموێت : ئەم ئایەتە دەربارەی وەفدێك هاتەخوارەوە هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت لە کاتی نیوەڕۆداو نەیانزانی وا لە چ ژوورێکدا لە ژوورەکانی خێزانەکانی‌و ، هەر یەکێ لەو وەفدە لە پشتی هۆدەیەکەوە بە دەنگی بـەرز بانگیان لێ‌کـردو ، پاش ئـەوە ئـەم ئایـەتە هاتەخوارەوە • وە دەرئەکەوێ کە واجبی هەموو موسوڵمانێ ئەوەیە هـەر وەکوو لە کاتی ژیانی پێغەمەرا ئەدەب کراوە لە عاستیاو ، پێویست بوە بە دەنگی نزم لە خزمەتیا قسە بکرێ •• پاش وەفاتیشی ئەبێ ئەدەبی لێ بکرێ ؛ چونکی پێغەمەر ـدـ وەکوو باقی پێغەمەران لـە گۆڕا ژیانی بەرزەخییان هەیە گەلێ بەهێزتر لە ژیانی شەهیدان‌و باقی پیاوچاکان •

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ! إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا ، أَنْ تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ) (٦)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! ئەگەر فاسقێ هەواڵێکی بۆ هێنان لێی بکۆڵنەوە ، تا باش تێیبگەن ئەو باسە درۆیە یا راسە ، نەوەك گەلێ تووشی دەردو ئازار بکەن بە هۆی نەزانینەوەو ئەوسا لە کردەوەی ناباری خۆتان پەشیمان ببنەوە • بەڵام کاتێ کە پەشیمانی سوود نادا •

دەگێڕنەوە حەزرەت ـ د ـ وەلیدی کوڕی عوقبەی نارد بۆ ناو بەنیموصطەلەق زەکاتیان لێ وەربگرێ ، وە لە نێوان ئەوو بەنیموصطەلەقدا ناخۆشییەك بوو ، کاتێ لێیان نزیك بوەوە هاتن بە دەمیەوە ، ئەمیش وای زانی خەیاڵیان خراپە ، گەڕایەوە بۆ مەدینەو عەرزی حەزرەتی کرد : کە ئەو گەلە لە دین وەرگەڕاونەتەوەو زەکات نادەن ! حەزرەت ویستی بڕوا بۆ سەریان • لە ئەنجاما خالیدی کوڕی وەلیدی ناردو ئەوانیش پێشوازییان کردو زەکاتەکەیان داو ، خالید هاتەوە بۆ مەدینە ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

(وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ ، وَلَكِنَّ اللهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ ، وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ . أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ (٧) فَضْلاً مِنَ اللهِ وَنِعْمَةً ، وَاللهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) (٨)

ئەی موسوڵمانەکان بزانن ! پێغەمەری خودا وا لەناوتانا ئەگەر لە گەلێ کارا پەیڕەوی ئێوە بکا بەهیلاکدا ئەچنو ، ئێوە لەو پلەدا نین کە لە هەموو فرمانێکدا بە گوێتان بکرێو پەیڕەویتان بکرێ ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە خودا بە کەرەم باوەڕی لە دڵی ئێوەدا جوانکردوەو خۆشەویستی

کردوە لە دڵتاناو ، کوفرو بەدخوویی‌و بەدڕەوشتی‌و تاوانباری لا ناشیرین کردوون • جا ئەوانە کە خزمەت ئەکەن‌و باوەڕیان بەلاوە باش‌و پەسەندە ئەوانە باشن‌و لەسەر ڕێگەی ڕاستن ، ئەمەیش تەنها بە مەحزی فەضل‌و نیعمەت‌و کەرەمی خودایەو بەس • وە خودا زانایە بە هەموو کاریٚ‌و حیکمەتی هەیە لە هەموو تەشریعاتی خۆیا •

(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ، فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ ، فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ . وَأَقْسِطُوا ، إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (٩)

ئەفەرموێت : ئەگەر دوو تاقم لە خاوەن باوەڕەکان جەنگیان بوو شەڕیان لەگەڵ یەکدا ئەکرد ئەوە ناوبژییان بکەن‌و گرێی ناوبەینیان بکەنەوە ، جا ئەگەر یەکیٚ لەو دوو گرۆهە هەر بایی بوو ملی نەداو نەهاتە سەر ڕێگەی ڕاست‌و وتی : من گویٚ بەو ناوبژییە نادەم ئەوجار جەنگ لەگەڵ ئەو گرۆهە یاخییەدا بکەن ، جا ئەگەر ملی داو هاتەوە بۆ سەر ڕێگە ئەوسا نێوانیان باش بکەن‌و ئاشتیان بکەنەوە بە گوێرەی حوکمی خودای تەعالاو چاودێری عەدالەت بکەن بۆ هەردوو لایان ، بێگومان خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەویٚ کە بە عەدالەت ڕەفتار ئەکەن •

لە ئەنەسەوە ئەگێڕنەوە کە : عەرزی حەزرەتیان کرد : بڕۆ بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییی کوڕی سەلوول‌و بانگی بکە بۆ سەر ئایینی ئیسلام ، حەزرەت سواری وڵاخیٚ بوو ڕۆیشت بۆ لای ، کاتیٚ دابەزی عەبدوڵڵا قسەیەکی بیٚ نەزاکەت بە دەمیا هات ، یەکیٚ لە یارانی ئەنصاری بە توندی وەڵامی عەبدوڵڵای دایەوەو ، یەکیٚ لە کۆمەڵەی عەبدوڵڵا بەرپەرچی

یارۆی ئەنصاری دایەوەو ؛ بوو بشێوەو کۆمەڵی هەردوو لا چوون بە گژ یەکاو بە دارو شەپلاخە دایان بە سەرو گوێلاکی یەکداو حەزرەت کەوتــە بەینیانەوەو خامۆشی کردنەوە • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

ئەم ئایەتە بەڵـگەیە لەسەر ئەوە کە (باغی) = یاخی خاوەن باوەڕەو بە کافر ناژمێررێ ؛ چونکی پاش ئەوەی فەرمووی : (وان طائفتان •••) فەرمووی (فان بغت احداهما علی الاخری ، فقاتلوا التي تبغي •••) •

هەروا بەڵـگەیە لەسەر ئەوە هەر کە دەستی لەشەڕ هەڵـگرت ئیتر وازی لێ ئەهێنرێ •

هەروەك بەڵـگەیە لەسەر ئەوە کە پێویستە لەسەر موسوڵمانان یارمەتی ئەو لایەنە بدەن کە دەسدرێژی کراوەتە سەری •

(اِنَّما المُؤْمِنُونَ اِخْوَةٌ ؛ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيكُمْ ، وَاتَّقُوا اللهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) (١٠)

کۆمەڵی موسوڵمانانو خاوەن باوەڕان برای یەکترن ، برایەتی حەسەبو ڕەفتار لەسەر یەك دەستوور کە قورئانی پیرۆزە ، باوکیان لــە دەستوورا باوەڕی خودابەیەکناسیو پەیامی پێغەمەری خودایەو ، دایکیان لە دەستوورا ڕەفتار بە یەك شەریعەتە •

یاخود باوکیان لە دامەزراندنی ئایینا (محمد المصطفی)یەو . دایکیان خێزانەکانی ئــەوە • وەکوو بە ئایەتی (النبي اولی بالمؤمنین من انفسهم ، وازواجه امهاتهم) ئیشارە بۆ ئەمە کراوە ، هەرچەن باوكو دایکی نەسەبیش نەبن •

جا کە لەسەر ئەم یاسا موسوڵمانان برای یەکترن دەی ئاشتیو کۆکی بخەنە ناوبەینی براکانتانەوە و . لە خودا بترسنو ، سەرپێچی نە نەرمانەکانی مەکەنو خۆتان لە خراپە بپارێزن ، هیوا وایە لەلای خوداوە رەحمتان پێ بکرێ •

ئاخ بۆ برایێ بـە حەق برابێ
بۆ رووناکی دڵ وێنەی چرا بێ
لە رۆژی جەنگا مایەی وەفا بێ
لـە شەوەزەنگا پایەی صەفا بێ
لە ماوەی ژینا هاوبیرو را بێ
لە رێی ئایینا بەندەی خودا بێ
لە پاش مردنت وەفات رابگرێ
دوّعات بۆ بکا هەتاکوو ئـەمرێ
ئەگـەر دەسکەوێ برایێ وەهـا
سەرو گیانو ماڵ بۆ ئەو بە تەنها

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا : لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ ، عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ . وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ . وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ . وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ ، بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ ، وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) (١١)

ئەی کەسانێ کـە باوەڕتاز بـە خوداو پێغەمەری خـودا کردوە : با کۆمەڵێ لـە پیاوان گاڵتە نـەکا بـە کۆمەڵێ لـە پیاوان ، لەوانـەیە کـە گاڵتەپێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان باشتر بن • وە با کۆمەڵێ لە ژنان گاڵتە

بــە کۆمەڵێ لــە ژنان نەکا ؛ لەوانەیە ئەو ژنانە بــە سووکی تەماشا ئەکرێن باشتر بن لە گاڵتەکەرەکان • وە تانە لە خۆتان مەدەن ، واتە کاتێ یەکێ لە ئێوە تانە لــە یەکێکی تر بدا وەکوو ئەوە وایە کە تانەی لــە خۆی دابێ ؛ چونکی موسوڵمانان وەکوو یەك نەفس وەهان •

وە یاخود مادام کە تۆ تانە لەو بدەی ئەویش تانە لە تۆ ئەداو ، ئیشەکە وای لێ دێ وەك ئەوە وایە کە خۆت قسەت بە خۆت وتبێ‌و خۆتت سووك کردبێ •

وە ناتۆرە بۆ یــەکتر فڕە مەدەن ! بــە ئادەمیزادێکی چاوکز مــەڵێن : شەممشەمەکوێرە ••• زۆر ناشیرێنە ناوو ناتۆرەو قسەیەك کە پێچەوانەی یاسای ئیسلام بێ دوای ئەوەی کە ئینسان باوەڕی کردو بە ئایین خۆی پاكکردەوە • وە هەرکەس تۆبە لــەم کارانە نــەکا ئــەوە لــە ستەمکاران ئەژمێررێ •

ئەبوجەبیرەی کوڕی ضەحاك ئەڵێ : وا ئەبوو پیاوێ لە ئێمە دوو یا سێ ناوی هەبوو ، جا بە بازێ لەو ناوانە بانگ ئەکرا ئەویش پێی ناخۆش ئەبوو • لەم ڕووەوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە (ولا تنابزوا بالالقاب) •

واتە : با بازێکتان بانگ لــە بازێکتان نەکا بە جۆرێ‌و بە ناوێ کــە حەزی پێ نەکا ؛ وەکوو بە بازەکەسێ ئەڵێن : (دێوە) ، (گورگە) ، (هەڵۆ) •••! ئەم ناوانە هەرکەس پێی ناخۆش بێ بانگی لێ بکرێ پێیان حەرامە بۆ خەڵك بەکاریان بێنێ بەرانبەری •

ئەبوداود لە ئەدەبدا ئەگێڕێتەوە : کاتێ پێغەمەر هات بۆ لامان پیاوێك نەبوو لە ئێمە دوو سێ ناوی نەبێ ! جا پێغەمەر ـدـ بــە ناوێك لەو ناوانە

بانگی نە زەلامێك ئەكرد ئەیانوت : نە ، وا نا ، ئەی پێغەمەری خودا ، ئەو زەلامە بەو ناوە توورەو قەلس ئەبێ • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

(یا اَیُّها الَّذینَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثیراً مِنَ الظَّنِّ ! اِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ اِثْمٌ، ولا تَجَسَّسُوا ، ولا یَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً، اَیُحِبُّ اَحَدُكُمْ اَنْ یَأْكُلَ لَحْمَ اَخیهِ مَیْتاً ؟ فَكَرِهْتُمُوهُ، واتَّقُوا اللّهَ ، اِنَّ اللّهَ تَوّابٌ رَحیمٌ) (١٢)

ئەی كەسانێ كە ئیمانتان هێناوە بە خوداو پێغەمەری خودا ! خۆتان بپارێزنو لابگرنو دووربكەونەوە لە زۆرگومانی خۆتان بە خەڵك ، لەبەر ئەوە كە بازێ گومان گوناحەو راست نیە گومانت وایە كابرا دزە ، یا داوێنپیسە . یا دەمپیسە • وە لەبەر ئەوە كـە گومانبردن بە خەڵك جارجار ئینسان ئەخاتە هەڵەوە پێویستە ئینسان لـە صەد گومانا لـە نەوەدو نۆیان دووربكەوێتەوە •

زاناكان فەرموویانە : بازێ گومان پێویستە ئینسان شوێنی بكەوێ ؛ وەكوو حوكمی عـەمەلیی وەهـا بەڵگەی قەطعی تێدا نـەبێ لـە ئادابی عیبادەت ، وەكوو نوێژو رۆژوو زەكاتو حەجو وێنەی ئەوانە ••• وە بازێ گومان كەوتنەشوێنی حەرامە ، وەكوو گومان لە (اعتقادیات) ا لـە باسی خوداو سیفاتی خوداو پێغەمەرا ـدـ • واتـە باوەڕ پێویستە بـە بەڵگەی قەطعی وەربگیرێ • هـەم وەكوو گومانی خراپ بـە ئینسانی موسوڵمانی وەها كە مولازمی ئادابی دین بێ ، واتە موسوڵمانێ حاڵی وابێ كە نوێژو رۆژوو بەجێ دێنێو لـە گوناح تەرێز ئـەكا بـە قسەی ئینسانێكی فاسق گومان مەبە كە عارەق ئەخواتەوە •

وە بازێ گومان ڕەوایە ؛ وەکوو گومان بەوە کە فلاَن مامەڵەچی پاش دە ڕۆژی تر شێوەی فرۆشتنی شتومەك ئەگۆڕێ لەبەر ئەوە ساڵەکە ساڵی گرانییە •

وە با بازێ لە ئێوە ناوی کەسێ نەبا لـە پاشملە بـە جۆرێ خاوەن عەیبەکە پێی‌ناخۆش بێ ؛ وەك بڵێن : فلاَن زۆر ئەدوێ ، زۆر ئەخوا ، جلەکەی بەری پێی ناکەوێ ، ئەسپەکەی بەدڕەسەنە • ئایا یەکێ لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوا ؟ دیارە کە ئێوە حەز لە شتی وا ناکەن •

وە مەکەونە هەواڵپرسی لە عەیب‌و عاری خەڵکی ؛ تا بزانی کوڕەکەی چۆنەو ، کچەکەی چی ئەکاو ، ژنەکەی قسە لەگەڵ کێ دەکا • حەزرەت ـد فەرموویەتی : هەرکەسێ شوێنی عەیبی خەڵکی بکەوێ بۆ ئـەوە بلاَوی بکاتەوە ئەوە خودا عەیبی بلاَو ئەکاتەوە با لە ناو خانووی خۆیشیا بێ • وە لە خودا بترسن‌و بزانن خودا تەوبە وەرئەگرێ لە هەرکەسێ تەوبە بکا، خودا میهرەبانە •

(یا اَیُّهـا النَّاسُ ! اِنَّا خَلَقْنَـاکُمْ مِنْ ذَکَرٍ واُنثی ، وجَعَلْنَاکُمْ شُعوباً وقَبَائِلَ لِتَعارَفُوا ؛ اِنَّ اَکْرَمَکُمْ عِنْـد اللهِ اَتْقَاکُمْ ؛ اِنَّ اللهَ عَلِیمٌ خَبِیرٌ) (١٣)

ئەی ئادەمیزاد ئێمە ئێوەمان دروستکردوە لە نێرێ‌و لە مێچکەیێ ؛ لە پیاوێك‌و ژنێ ، لـە ئادەم‌و حەووا • وە ئێوەم کردوە بە چەن گەلێ کـە بناغەن بۆ هۆزو تیرەو ، لەو گەلە چەن تیرەیەکم دروست‌کردوەو ، لە هەموو تیرەیێ چەن (عەمارە) یێ‌و ، لە (عەمارە) چەن (بەطن)ێ‌و ، لە هەر

بەعضێ چەن (فخذ)ێ و ، لە هەر (فخذ)ێ چەن فەصیلەیێ ••• بۆ ئەوە کە لە ناو خۆتانا بژین و یەکتر بناسن ، بۆ خاتری یارمەتیدانی یەکتر لە دین و دنیادا • نەك بۆ ئەوە کە بازێکتان فیز بەسەر بازێکدا بکاو خۆی بە گەورە دابنێ بەسەر بازێکدا ، چونکی گەورەیی ئەوەیە لە لای خودادا رێزو پایەی ببێ ، ئەوەیش بە پارێزو فەرمانبەرداری و خزمەتەو ، گەورەترتان و بەرێزترتان لای خودا ئەو کەسەیە تەقواو پارێزو لەخوداترسانی زیاتر بێ •

عەبدوللای کوڕی عومەر ـخـ ئەڵێ : حەزرەت ـدـ لە رۆژی گرتنی شاری مەکەدا فەرمووی : ئەی ئادەمیزاد بە راستی خودا خۆپەرستی زەمانی پێش ئیسلامی لەسەر لابردن و ، خۆگەورەکردن بە هۆی گەورەیی باوك و باپیرەوە نەماوە لە ئیسلاما • ئینسان لە ئیسلامدا دوو کەسە : یەکەم : ئینسانێ خاوەن چاکەو پەرێزو کەرامەت بێ لە لای خودا • دوەم : ئینسانێکی بەدکاری بەدرەوشتی ئەحەق لادەری سووك و بێ نرخە بەلای خوداوە • ئادەمیزاد هەموو نەتەوەی ئادەمن و ئادەم لە گڵ دروستکراوە • وەکوو لە ئایەکەدا فەرموویەتی •

ترمذی ریوایەتی کردوە کە حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (الحسب المال ، والکرم التقوی)وە ئەمە ئەگەرێتەوە بۆ فەرموودەی خودا : (ان اکرمکم عند الله اتقاکم) وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت فەرموویەتی : هەرکەس پێی خۆشە بەرێزترینی خەڵك بێ با خۆی بپارێزێ و لە خودا بترسێ •

وە طەبەری لە کتێبی (آداب النفوس)دا ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : حەزرەت لە خەکی (مونا)دا خوتبەی خوێندەوە لە (ایام التشریق)دا لەو کاتەدا سواری وشترێ بوو ، فەرمووی : ئەی خەڵك بزانن خوداتان یەکێکەو ،

هەمووتان لـە یەك بابن‌و ، زیادە فەضل‌و پایەیەك نیـە بۆ عەرەب بەسەر عەجەماو بۆ عەجەم بەسەر عەرەباو ، پایەو پلە نیە بۆ رەش بەسەر سووراو بۆ سوور بەسەر رەشدا بـە پێی تەقواو پارێز لـە سزای خودا نـەبێ • ئاگاداربن ! ئایا ئەم پەیامەم گەیاند ؟ دوایی فەرمووی : با ئەوانەی لێرەن رای‌بگەیەنن بەوانەی لێرە نین •

وە لە تەفسیری طەبەریدا لە مالیکی ئەشـعەرییەوە ئەگێرێتەوە کـە پێغەمەر ــ د ــ فەرموویەتی : خودا بۆ ماڵ‌و رەگەزو بنەچەو لەش‌و لەخت‌و داراییتان ناڕوانێ ، بەڵام بۆ دڵتان ئەڕوانێ ، جا هەرکەسێ دڵی باش بێ خودا خۆشی ئەوێ‌و خۆشەویستی ئەکا • ئێوە هەمووتان لە ئادەمن ، کامتان زیاتر خۆی بپارێزێ‌و لە خودا بترسێ ئەو کەسەتان لای خودا لە هەمووان خۆشەویستترە •

(قالَتِ الأَعْرابُ : آمَنَّـــا ، قُلْ : لَمْ تُؤْمِنُوا ، ولَكِنْ قُولُوا : أَسْلَمْنَا ، ولَمَّا يَدْخُلِ الإِيمـــانُ فِي قُلُوبِكُم ، وإِنْ تُطِيعُوا اللهَ ورَسُولَهُ لا يَلِتْكُمْ مِنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئاً ، إِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (١٤)

ئەم ئایەتە دەربارەی وەفدێ لە بەنی‌ئەسەد هاتەخوارەوە ، لە ساڵێکی قاتی‌و بێ‌بارانیدا هاتن بۆ مەدینەی مونەوەرەو دوو کەلیمەی شەهادەتیان دەربڕی‌و خۆیان بە موسوڵمان نیشانداو ، عەرزی حەزرەتیان کرد : ئێمە هاتووین زەحمەتی خێزان‌و ژیانمان خستوەتە سەر شانی‌تۆو خذمەتی تۆمان نەکردوە ، بـەڵام جەنگیشمان لەگـەڵ نەکردوویی‌و ئازارمان نەداوی وەك عەرەبەکانی دیکە ئازاریان داوی •

جا خودا ئەفەرموێت : عەرەبە دەشتەکییەکان ئەڵێن : ئێمە ئیمانمان هێناوە ، تۆ بڵێ بەوانە : ئیماتتان نەهێناوە ، بەڵام بڵێن : بە دیسەن ملمان شۆڕکردوەتەوەو ، هێشتا باوەڕ نەڕۆیشتوەتە ناو دڵتانەوە ، وە ئەگەر ئێوە بە راستیو تەواوی فەرمانبەری خوداو پێغەمەری خودا بکەن ئەوە خودا هیچ لە پاداشی کردەوەی باشتان کەم ناکاتەوەو هەمووتان بە تەواوی بۆ حسێب ئەکا لە یەك بەدە تا یەك بە حەوصەد • بە راستی خودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

بزانن ! (ئیمان) باوەڕو تەصدیقە بە دڵ بۆ حەزرەتی محەمەد ـ د ـ لەوەدا کە هێناویەتی لە لای خوداوە ، وە ئەم باوەڕە بەکار نایێو سوودی نیە هەتا کردەوەیەکی دڵی لەگەڵا نەبێ کە بریتییە لە ئیسلامو ملکەچی بە دڵ ، کە لەمەوە پێویست ئەبێ ئەو کەسە پێغەمەری خۆش بوێتو ، خزمەتی دینەکەی بکا بە ئەندازەی تەوانای خۆی • کەوابوو باوەڕو ئیسلام لە مانەو مەفهووماو لە ذاتا لە یەك جیان : ئیمان علمەو کەیفە • ئیسلامیش کرداری دڵە ، بەڵام لە ئیعتیبارا هیچ کام لەوان بە بێ ئەوی تریان سوودی نیە • واتە تەصدیقو باوەڕی دڵ بە بێ خزمەتو خۆشەویستی حەزرەت ئینسان ناکا بە ئەهلی رزگاری • وە ئیمان ، بە دەم بڵێ : ئیمانم هەیە • یا ئیسلام بە دیمەن کابرا فەرمانبەری حەزرەت بکا ئەمە بێسوودە ، مادام لە دڵا ئەو ئیسلامو ملکەچییە نەبێ ، وە ئەو تەصدیقو باوەڕە نەبێ • جا خودا ئەفەرموێت : ئەمەی ئێوە داوای ئەکەن هەر ئیسلامە بە دیمەنو فەرمانبەری روالەتییە . ئەنا ئیمانی راستی نیەو ملکەچی واقیعی نیە • بۆیە ئیسلامەکەتان بێ بایەخە • هەرچی وەکوو (شهادتین) ئەوە مەرجە بۆ ئیجرای ئەحکامی ئیسلامیو لە ماهییەتی ئیمان بەدەرە •

بە کورتی : خودا بە حەزرەتی فەرموو : تۆ بەو عەرەبانە بڵێ : ئێوە ئیمانتان نەهێناوە ، چونکی ئیمان تەصدیقو باوەڕکردنە بـە دڵ لەگـەڵ دامەزراویو خۆشەویستی ئایینداو ، ئێوە ئەمەتان نیە ، ئەگەرنا منەتتان نەئەنایە سەر حەزرەتو شانازیتان بەسەردا نەدەکرد بە هاتنتان بۆ لای بە تایبەتـی لـەم ساڵەگرانییەداو ، نەتـانئـەوت : ئێمـە جەنگمان لەگـەڵ نەکردووی ، چونکە ئەوە شتێکە لەم باسە بەدەرە ، بەڵام بڵێن : موسوڵمانین بـە دەربڕینی دوو کەلیمەی شایەتیو داخڵبوون بۆ ناو موسوڵمانان ، وە هـەرکاتێ ئێـوە دڵی خـۆتان لەسـەر دین دابمەزرێنن خودایش هـەموو کەرەمێکتان لەگەڵا ئەکا .

(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ، ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا ، وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (١٥) قُلْ : أَتُعَلِّمُونَ اللَّهَ بِدِينِكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ؟ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١٦) يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا ، قُلْ : لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ ، بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ ، إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (١٧) إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) (١٨)

بێگومان خاوەن ئیمانانی ساغ ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بـە خوداو پێغەمەری خودا هێناوەو پاش ئەو ئیمانە ناکەونە ناو دوودڵیو بێباوەڕییەوە ، وە ئەوانەن کـە جیهاد ئەکەنو تێئەکۆشن لـە ڕێگەی خودادا بـە خەرجی داراییو بـەقوربانیکردنی گیـانی خۆیان ، واتـە یا لـە جەنگی کافـرانا

بکوژرێن ، یا لە بەرهەڵستی بیدعەتا ، یا لە فەرماندان بە چاکەو نەهی کردن لە خراپەدا بکوژرێن ، بە مەرجێ ئەصڵی ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپەکەیان شەرعی بێ .. ئەمانەن راستو راستکارن لە لای خودا .

تۆ بەوانە بڵێ کە ئەڵێن ئێمە خاوەن باوەڕین : ئایا هەواڵ بـە خودا ئەدەن دەربارەی ئایینو باوەڕی خۆتان . کـە ئەڵێن ئێمە ئیمانمان هەیە ، لەگەڵ ئەوەدا کـە خودا زانایە بـە هەرچی وا لـە ئاسمانەکانو هەرچی وا لەزەویدا لە دەرەوە یا لەناوەوەو خودا ئاگاداری هەمووشتێکە ؟!

منەت بەسەر تۆدا ئەکەن بەوە کە ئایینی ئیسلامیان وەرگرتوە ! تۆ پێیان بڵێ : بە ئیسلامی خۆتان منەت مەنێن بەسەر منا ، بەڵکو خودا منەتتان بەسەردا ئـەکا لەبـەر ئـەوە کـە هیدایەتی داون بۆ ئیمـانو دڵی رووناك کردوونەتەوە ئەگەر لە داوای ئیمانەکەتانا راست ئەکەن .

بە راستی خودا زانایە بە هەرچی لە ئێوە پەنهانەو . لـە ئاسـمـانەکانو زەویداو ئەوەیش وا لە دڵی ئێوەدا لە باوەڕو حاڵەکانی ترتان هەمووی لـە خودا ون نابێو ئاگای لە هەموویانە .

ئەی خودای زانا بە سیری نیهان
غەیبو شەهادەی سەراسەر جیهان
بەشێکمان بدە لە ئیمانی ساغ
بیشمانپارێزە لە فیتنەی پەنهان

سوورەتی قاف ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ئایـەتی سی و هەشت نەبێ ، پەنجاو پێنج ئایەتە ، دوای سوورەتی مورسەلات هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قٓ • والقُرْآنِ المَجِيدِ ! (١) بَلْ عَجِبُوا أنْ جاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ ، فقَالَ الكَافِرُونَ : هذا شَيْءٌ عَجِيبٌ ! (٢) أإذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُراباً ؟ ذلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ ! (٣) قَدْ عَلِمْنَا ما تَنْقُصُ الأَرْضُ مِنْهُمْ ، وعِنْدَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ (٤) بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ ، فَهُمْ فِي أمْرٍ مَرِيجٍ) (٥)

(ق) لە پیتە سەرەتاییەکانی سوورەتەکانە ، وەکـوو (ص)و (ن)و گەلێ قسە لە مەعنایانا کراوەو ، راستتر ئەوەیە ئەم پیتانە چەند رەمزێکن لـە نێوان خوداو پێغەمەرا ـ د ـ پێغەمەر مانای زانیون •

بەم موناسەبە ، لەم رۆژانەدا پیاوێکی موسوڵمان هاتەلام وتی : لـەم شەوانەدا بە خزمەت پێغەمەر گەیشتمو عەرزم کرد : مەعنـــای (ق) چییە ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (علم الله الانسان کلمات ، وهذه منهـــا) ، جا پرسیاری لێ کردم : مەعنای ئەم فەرموودە چییە ؟ منیش وتم : مەبەستی لە لەفزی (الانسان) زاتی خۆیەتیو مەبەســـتی ئەمەیە کــە خودا چەن کەلیمەیەکی نیشانی بەندەی خۆی ـ کە محەمەدە ـ داوە (ق)یش یەکێکە لەوانە ، واتە ئەمیش رەمزە وەکوو ئەوانی تر •

واتە : سـوێند بەو قورئانە کە دارای ڕێزو شـەرافەتە ! تۆ لـەو پێغەمەرانەی کە ڕەوانەکراون بۆ ڕێنومایی هۆشیاران لە جیهانا ، وە ئـەو کەلامەیش کە ڕەوانەکراوە بۆ لای تۆ کەلامی خودایەو پەیامی تۆ جێگەی سەرسوڕمان نیە •

نەخەیر کافرەکان سـەریان لەوە سـوڕئەمێنێ کە پێغەمەرێکی ئادەمیزادترسێن لە خۆیان هاتوە بۆ لایان کە بیانترسێنێ لە سزای خودا • جا کافرەکان وتیان : ئەم وەزعە کە هاتنی ئادەمیزادێکە لە خۆیان بۆ لایان شتێکی سەرسوڕمانو نائاساییە ؛ ئایا ئێمە کاتێ بووین بە خۆڵ جارێ تـر زیندووئەکرێینەوە ؟ ئەمە گەڕانەوەیەکی دوور لە عادەتە •

ئێمە زانایناو ئەزانین بەو ئەندازە کە زەوی ئەیخوا لـە لەشی ئەوانو لە لای ئێمەدا کتێبێ هەیە کە هەموو تەفصیلاتی کائیناتی تیا هەیە • جا ئێمە کە زانا بین بەو ئەندازە لە لەشیان کە زەوی ئەیخواتو ، خاوەنی کتێبێکی وەها بین هیچ شتێ نەبێ تیایا نەبێ ، هیچ لە یاسا بەدەر نیە کە ئەو ئینسـانە مردوە زیندوو بکەینەوە تا بە حەقی خۆی بگا •

نەخیر ئەوانـە گەلێ ناهـەموارنو بێباوەڕییان دەربڕی بەرابەر بـە کارێکی ڕاستو دامەزراو کە پەیامی پێغەمەرو هاتنەخوارەوەی قورئانە بۆ لایو ، بە زیندووبوونەوەیان لە ڕۆژی قیامەتا کاتێ ئەم باسانەیان بۆ هاتو حاڵیبوون • کە وابێ ئامۆژگاری کاریان لێناکا وە ئەوان وان لە حاڵەتێکی پەرێشانا ؛ هەر ڕۆژێ بە جۆرێ ڕەخنە لە حەزرەت ئەگرن : جارێ ئەڵێن : شاعیرەو ، کاتێ ئەڵێن : جادووگەرەو ، کاتێ تر ئەڵێن : کاهینە ••• هـەروا ڕەخنە لە قورئانی پیرۆز ئەگرنو ، ڕەخنە لە باسی قیامەت ئەگرنو ، گومانیان وایە کە ئینسان پاشمردن زیندوو نابێتەوە •

(اَفَلَمْ يَنْظُرُوا اِلى السَّماءِ فَوْقَهُمْ ؟ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا
وَزَيَّنَّاهَا وما لَها مِنْ فُروجٍ : (٦) والأَرْضَ مَدَدْنَاهَا واَلْقَيْنَا
فِيها رَوَاسِيَ وانْبَتْنَا فِيها مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ (٧) تَبْصِرَةً
وذِكْرى لِكُلِّ عَبْدٍ مُنِيبٍ (٨) ونَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ ماءً مُبارَكاً
فَأَنْبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وحَبَّ الحَصِيدِ (٩) والنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَها
طَلْعٌ نَضِيدٌ (١٠) رِزْقاً لِلْعِبَادِ . واَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَيْتاً
كذلِكَ الخُرُوجُ) (١١)

ئایا ئەم کافرە بەدبەختانە ناڕوانن بۆ ئاسمان کە ها بە راسەریانەوە تا تەماشای بکەن ؟ چۆن دامانمەزراندوەو بەرزمانکردوەتەوەو ئارایشمانداوەو لە پێش چاودا جوانمان کردوە بەو هەموو ئەستێرە پڕتەوبەخشانە ، وە ئەوانە هیچ کوڵانو درزو کەلەبەرێکیان نیە کە بکرێ بە رێگەی هاتوچۆ ؟ وە چۆن زەویمانکردوە بە فەرشێکی راخراوو پانمانکردوەتەوەو درێژمان کردوەتەوەو چەن کێوێکی بەرزی گەورەمان تیا داناوەو . لە زەویدا لە هەموو جۆرە دارێ جووتێکی جوانمان لە هەموو بەشێ رواندوە ، بۆ ئەوە کە ئەو مادە دروستکراوانە ببن بە هۆی چاوڕوونکردنەوەو بیرکردنەوە لە شتی بەسوودا بۆ هەموو بەندەیەکی وا کە هۆش‌و بیری گەڕانەوەی بۆ لای خودای پەروەردگار بێ • وە لە ئاسمانەوە ئاوێکی پیرۆزو بەکەڵکمان باراندوە . جا بەو ئاوە چەن بەهەشتی جوانو چەن جۆرە کشتی خاوەن دانەی ئایابمان رواندوە لە کشتێکی وا کە درەو نەکرابێت ، ئەوسا پاك ئەکرێتەوە لە کاو خەوش‌و خاڵ ، وە چەن دارخورمای درێژمان رواندوە کە چەن لق‌و چڵی چین لەسەر چینی هەیە هەتا وان لە ناو بەرگەکانا ، کاتێ لە بەرگەکە دەرچوون لە یەك

جیائەبنەوە .. ئەمانەم دروستکردوە بۆ ئەوە بین بە هۆی ژیواری بەندەکانم ، هەروا زیندووم کردەوە بەو ئاوە کە لە ئاسمانەوە باراندوومانە ولاتێکی وێرانی بێ کشتوکاڵ ، وە سەرزەوی جوان ئەبێ بە گیاو گوڵو کشتوکاڵ . وە دەرچوونیشتان لە گۆڕو زیندووبوونەوەتانو ڕۆیشتنتان بۆ کۆمەڵگای لێپرسینەوە هەر وەکوو ڕواندنی گیاو گوڵو کشتوکاڵەو ، بە لای ئێمەوە یەکسانن‌و هیچ لایەکیان گران نیە .

(كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نوحٍ ، واَصْحَابُ الرَّسِّ وثَمودُ (١٢) وعادٌ ، وفِرْعَوْنُ ، واخْوَانُ لُوطٍ (١٣) واَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وقَوْمُ تُبَّعٍ ، كُلٌّ كَذَّبَ الرسُلَ ، فَحَقَّ وَعِيدِ !(١٤) اَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الأَوَّلِ ؟ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ) (١٥)

ئەم کوفرو ئینکاری قورەیشە شتێکە لە زەمانی پێشوویشا وێنەی بووەو ڕابوردوە . ئەوەتا لە پێش ئەوانا گەلی نووح نووحیان بەدرۆخستەوە لە عیراقدا ، هەتا خودا بە تۆفان بەربادی کردن ، وە ئەو گەلەیش بە دەوری بیری (ڕەس)دا بوون ، کە بیرێ بوو لە ولاتی یەمامەداو گەلەکەی دەوری پێغەمەرەکەیان ، کە ناوی حەنظەلەی کوڕی صەفوان بوو ، بەدرۆخستەوە . وە بازێ ئەڵێن : ئەو بیرەیە کە حەبیبی نەجاڕیان لە لادا کوشت . وە ثەموود حەزرەتی صاڵحیان بەدرۆخستەوە . وە گەلی عاد هوودیان بەدرۆخستەوە . وە فیرعەون‌و قیبطییەکان مووسایان بەدرۆخستەوە . وە خزمەکانی لووط لووطیان بەدرۆخستەوە . (ئەصحابولئەیکە) = خاوەن بێشەکان شوعەیبیان بەدرۆخستەوە . وە گەلی (تبع) لە ولاتی یەمەندا توببەعیان بەدرۆخستەوە ... هەموو ئەم

گەلانە پێغەمەرەکانیان بەدرۆخستەوەو ، هەرەشەو سزای من کەوتە سەریان • جا ئایا ئێمە بەدروستکردنی ئەوانەوە یەکەم جار ماندوو بووین تا ئیتر نەتوانین پاش مردنو رزینیان جارێکی تر زیندوویان بکەینەوەو دروستیان بکەینەوە ؟! نەخەیر ئەوان ئەزانن کە دروستکراون ، بەلام وان لە گومانا لە دروستکردنەوەیەکی نوێدا •

(ولَقَدْ خَلَقْنا الإنْسانَ ونَعْلَمُ ما تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ، ونَحْنُ أقْرَبُ إليْهِ مِنْ حَبْلِ الوَرِيدِ (١٦) إذْ يَتَلَقَّى المُتَلَقِّيانِ عَنِ اليَمِينِ وعَنِ الشِّمالِ قَعِيدٌ (١٧) ما يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إلاّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ (١٨) وجاءَتْ سَكْرَةُ المَوْتِ بِالحَقِّ ذلِكَ ما كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ) (١٩)

بە راستی ئێمە لەسەر خواستی خۆمان ئینسانمان دروستکردوەو زاناو ئاگادارین بەوەی کە نەفسی وەسوەسەی پێ ئەکاو لە دڵیا ئەجوولێنەوە ، وە ئێمە نزیکترین بەو لە دوو شارەگەکانی راستو چەپی گەردنی ؛ چونکە ئەو رەگانە عیلمیان نیەو ئێمە عالمین ، وە ئەوانە دوورن لە دڵیەوەو ئێمە زۆر نزیکین لێیەوە بە زانیاریو ئاگاداریو راگرتنو تەربییەی هەتا ئەمرێ •

خودای تەعالا زانایە بە حاڵی ئینسان لەو کاتەدا کە دوو فریشتەی مەئموری سەر ئینسان ئەگەن بەیەك لە لای راستو چەپەوە ، یارۆی لای راست چاکەکانی ئەنووسێو ، یارۆی لای چەپ خراپەی ئەنووسێو بە لای ئینسانەوە دائەنیشن •

ئەگێرنەوە لە حەدیثی ئەبوئەمامەوە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : نووسەری چاکە وا لە لای راستی ئینسانەوەو ، نووسەری

خراپە وا لە لای چەپەوەو ، نووسەری چاکە سەردارە بەسەر نووسەری خراپەدا ؛ هەرکاتێ کردەوەی باشی کرد نووسەری چاکە بە یەك بە دە ئەینووسێ ، وە هەر کاتێ کردەوەی خراپی کرد ئەو نووسەری لای راستە بەم ئەڵێ : وازی لێ بێنە هیوای وایە تەسبیحی خودا یا داوای لێخۆشبوونی بکا •

وە ئینسان هیچ وتارێکی لە دەم دەرناچێ ئیللا فریشتەیێ وا بە لایەوە چاودێرێ ئەکاو ئەو قسە ئەنووسێ ؛ ئەگەر چاکە بێ یارۆی لای راستو ، ئەگەر خراپە بێ یارۆی لای چەپ ئەینووسێ • وە ئینسان بەم جۆرە ئەژیو ژیان بەسەر ئەبا هەتا کاتی ئاکامی دێ • جا سەختیو زەحمەتی مردن دێتە سەر ئینسان بە راستیو ، پێی ئەوترێ : ئەم حاڵە لەم کاتەدا ئەوەیە کە تۆ خۆت لێ لائەداو لە دەستی رات ئەکرد •

ئەگێڕنەوە عائیشە ـ خ ـ دەفەرموێ : کاتێ پێغەمەر ـ د کەوتە کاتی کۆچکردن لە دنیا دەفرێ ئاو لە بەردەستیا بوو جاربەجار هەردوو دەستی ئەکرد بە ئاوەکەداو رووی موبارەکی خۆی پێ فێنك ئەکردەوە • وە ئەیفەرموو : (لا اله الا الله ، ان للموت سكرات) لە پاشا دەستی بەرز ئەکردەوەو ئەیفەرموو : (في الرفيق الاعلى) تا رۆحی پیرۆزی وەرگیراو دەستی پیرۆزی شل بوەوەو کەوتە زەوی •

(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ (٢٠) وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ (٢١) لَقَدْ كُنْتَ فِي غَفْلَةٍ مِنْ هَذَا ، فَكَشَفْنَا عَنْكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ (٢٢) وَقَالَ قَرِينُهُ : هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ (٢٣) أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ (٢٤) مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُرِيبٍ (٢٥) الَّذِي

جَعَلَ مَعَ اللهِ إِلَهاً آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ (٢٦)
قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِنْ كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ (٢٧)
قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُمْ بِالْوَعِيدِ (٢٨)
مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ) (٢٩)

وە کاتێ ئاکامی ئەم جیهانە هات لە لایەنی ئیسرافیلەوە فوو ئەکرێ بە صوورا ، جا ئەم کاتە رۆژی هاتنی ئەو هەڕەشانەیە کە لە لایەنی پێغەمەرانەوە بە فەرمانی خودا بە ئادەمیزاد گەیێنرابوون ، جا ئەم فووپەصوراکردنە بریتییە لە فووکردنی جاری دوەم کە بۆ زیندووکردنەوەی مردودکانە بە پێی : (وجاءت کل نفس •••) •

وە هەموو بەرەو سارای لێپرسینەوە دەکەونە رێو هەر یەکێ لەوانە دوو فریشتەی لەگەڵدایە ؛ یەکێکیان ئەکەوێتە شوێن کابرا کە زیندووبوەتەوەو ئەیبا بۆ کۆمەڵگای لێپرسینەوە ، ئەوی تریشیان شایەتە ، شایەتی لەسەر کردەوەکانی ئەدا چاك بن یا خراپ • وە لە لایەنی فریشتەوە بانگی لێ ئەکرێ : کە بێگومان تۆ لە دنیادا لە ناو بێهۆشیو بێئاگایی ئەم رۆژەدا بوویو ، ئەمەت هەر لە بیرچووبوەوەو رۆچووبیو لە دنیاخواهیو دنیابینیو شتی بەرچاویداو هۆگری دنیای بەدو نابار بووبوویت • وە ئیمرۆ پەردەی سەرچاوی تۆمان لابردوەو چاوت تیژەو هەموو مەبەستێکی مەشرووع بە چاوی خۆت ئەبینی •

وە ئەو فریشتە کە مەئموورەو لەگەڵیایە ئەڵێ : ئەم زەلامە کە لە لای مندایە باش ئامادەکراوە بۆ دۆزەخ • جا لە لای خوداوە فەرمان دێ بۆ ئەو فریشتانە وان لەگەڵ شەخصەکەدا ئەڵێ : ئەی فریشتەکان هەرچی کافری سەرسەختی نابارە بیانخەنە ناو دۆزەخەوە ، ئەو کافرانە کە گوێیان

بە حەق نەئەداو خۆیان لە فەرمانی خودا نەئەگەیاندو ، زۆر مەنعی خێریان لە داماوان ئەکردو ، لایانئەداو دەسدرێژییان ئەکردو ، لەگەڵ وجوودی خودادا چەن خودایەکی تریان بۆ خۆیان دانابوو .. جا ئەوانە بخەنە ناو سزایەکی سەختەوە .

وە ئەو شەیتانە کە هاوڕێی کابرایەو لەگەڵیایە هاوار ئەکاو ئەڵێ : ئەی خودای ئێمە من ئەو کابرامە گومڕاو یاخیو بایی نەکردوەو ئەو هەر خۆی لە گومڕاهییەکی زۆر دوور لەمەبەستدا بوە .

جا خودا ئەفەرموێت : لای مندا کێشەو هاوردوبرد مەکەن . من پێشتر هەڕەشەم ناردوەتە سەرتانو فەرمانو حوکمی من ناگۆڕێو چی بوە رابوردوە ، من ستەمکار نیمو ستەم لە بەندەکانی خۆم ناکەم .

وە جابیر ـ خ ـ ئەفەرموێ : گوێم لێبوو حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : بە راستی ئادەمیزاد لە بێئاگاییو فەرامۆشکاریدایە لەو شتەدا کە خودا بۆی دروستکردوە ، کە ئەمەیە بە راستی زاتی (واجب الوجود) تاقە کەسێکەو بێجگە لەو خودایەکی تر نیە .

خودا کاتێ خواستی دروستکردنی بەندەیەکی کرد بە فریشتە ئەڵێ : رۆزیو ئاکامو کردەوە بنووسەو ، بنووسە (شەقی) یا (سەعید)ە . پاش ئەوە ئەم فریشتە ئەڕوا ، خودا فریشتەیەکی تر ئەنێرێو چاودێری ئەکا تا پێئەگا ، پاش ئەوە دوو فریشتە ئەنێرێ تا چاکەو خراپەی بنووسن . جا کاتێ وادەی مردن هات ئەو دوو فریشتە ئەڕۆنو فریشتەی فەرمانبەری مراندن دێتو رۆحی وەرئەگرێ . جا کاتێ خرایە ناو گۆڕەکەیەوە رۆحەکەی دەنێرێتەوە بۆ ناو لەشەکەی . جا فریشتەی مراندن دەڕواتو دوو فریشتەی گۆڕ دێنو پرسیاری لێئەکەن ، ئەمجار

ئەوانیش ئەڕۆن • جا کاتێ رۆژی قیامەت دێ فریشتەی نووسینی چاکەو خراپە دائەپەڕنو ئەو دەفتەری کردەوە کە وا لە ملیا ئەیکەنەوەو لەگەڵیا ئەڕۆن بۆ سارای لێپرسینەوەو ، یەکێ لەو دوانە ئەیباو لێخوڕ (سائق)یەتیو ، ئەوی تریان شایەتەو شایەتی لێئەدا • خودا فەرموویەتی : (لقد كنت في غفلة من هذا فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد) •

وە لەم ئایەتانەدا دوو قسە هەیە :

یەکەم ئەمەیە : عامە بۆ هەموو موسوڵمانو کافران • وە ئەمە رای کۆمەڵو زۆربەی زانایانە •

دووەم ئەمەیە : کە تەنها بۆ کافرەکانە • ئەمە قسەی (ضحاك)ەو ، ظاهیری ئایەتەکان پشتگیری ئەم قسە دووهەمە ئەکەن •

(يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ : هَلِ امْتَلأْتِ ؟ وتَقُولُ : هَلْ مِن مَزِيدٍ ؟ (٣٠) وأُزْلِفَتِ الجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ (٣١) هذا ما تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ (٣٢) مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَانَ بِالغَيْبِ ، وجاءَ بِقَلْبٍ مُنِيبٍ (٣٣) ادْخُلُوها بِسَلامٍ ، ذلِكَ يَوْمُ الخُلُودِ (٣٤) لَهُمْ ما يَشاؤُونَ فِيها ، ولَدَيْنا مَزِيدٌ) (٣٥)

واتە : باسی ئەو رۆژە بکە کە بە دۆزەخ ئەڵێین : ئایا تۆ پڕ بوویی ؟ ئەویش لە وەڵاما ئەڵێت : ئایا بێجگە لەمانە زیاتر کەس هەیە بیخەیتە ناومەوە ؟ وە ئەو رۆژە بەهەشت نزیك ئەکرێتەوە بۆ ئەهلی تەقواو پارێزو لە واقیعا دوور نیە لەوانەوە • وە ئەم جۆرە پاداشە باشەو ئەم جۆرە جەزادانەوە شتێکە بەڵێنتان پێئەدرێ نەك بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی بەڵکوو بۆ هەموو کەسێ کە زۆر زۆر بۆ لای خودا بگەڕێتەوە • واتە ئەگەر لە

رۆژێکا چەن جار گوناحی بۆ هەڵبکەوێ لە هەموو جارەکانا زوو ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوداو یادی خودا ئەکا بە مانیع لەو گوناحانەو نایانکا • وە ئەو کەسانە کە بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوە ئەوانەن کە لە خودای خۆیان ئەترسن لە پەنامەکی عالەما ، واتە وەکوو لە ناو خەڵکا شەرم ئەکاو گوناح ناکا هەروا لە پەنامەکیشا گوناح ناکا • وە بە دڵێکی نەرمو خاوەن گەڕانەوەوە بۆ لای خودا هاتوەتە مەیدانی کارەوە •

جا لەو رۆژەدا پێیان ئەوترێ : بچنە بەهەشتەوە لەگەڵ هێمنی لە سزاو توانجو تۆڵەدا • ئەم رۆژە رۆژی ئەبەدییە بۆتان هەتا هەتایە ، وە بۆیان هەیە لە بەهەشتا چی خواستیان بێ‌و ، لە لای ئێمەیش زیاتر لەوەیان بۆ هەیە کە ئەوان داوای ئەکەن‌و بە خەیاڵیانا دێ‌و نایێ •

وە لە ریزی ئەوانەدایە گەیشتن بە خودای تەعالاو بینینی بە چاو •

لە ئەبوهورەیرە دەگێڕنەوە ـ خ ـ ئەڵێن : بەهەشت‌و دۆزەخ گفتوگۆیان بوو • دۆزەخ وتی : من پیاوە گەورەکانم بۆ دانراوە • جا خودا بە بەهەشتی فەرموو : تۆ رەحمەتی منی کراوی بە شوێنی بەندە باشەکانم ، وە بە دۆزەخیشی فەرموو : تۆ سزای منی کراوی بە شوێنی بەندە نامەردەکان •

وە دۆزەخ داوای خەڵکی کرد هەتا خودا پێی عیزەتی نایە سەرو خامۆش بوو • وە بۆ بەهەشت خەڵکێ دروست ئەکاو بەوانە پڕی ئەکا وەکوو حۆری‌و غیلمان •

وە (أوابى حفيظ) کەسێکە کە لە کۆمەڵ هەڵسا بڵێ : (سبحانك اللهم وبحمدك ، لا اله الا أنت ، استغفرك وأتوب اليك) •

(وكم اهلكنا قبلهم من قرن هم اشد منهم
بطشا ؟ فنقبوا في البلاد : هل من محيص ؟ (٣٦) ان في
ذلك لذكرى لمن كان له قلب ، او ألقى السمع وهو
شهيد") (٣٧)

وه گه‌لێكمان له پێش قوره‌یشدا له خه‌ڵكی چه‌رخه پێشووه‌كان له‌ناوبرد كه ئه‌وان له‌مان به‌هێزتر بوون له هه‌ڵمه‌تو زۆرو جموجووڵداو ، ئه‌وانه به‌شاره‌كانا گه‌ڕان ، یاخود ده‌ستیان گرت به‌سه‌ر شاره‌كانا : جا ئایا په‌ناو شوێنی رزگاری بۆ ئه‌وان بوو كاتێ كه ئه‌و به‌لایان بۆ نێرراو پێیان گه‌یشت ؟

جا به راستی هه‌یه له‌و باسانه‌دا كه باسمان كردن له‌م سووره‌تی قافه‌دا ئاگاداركردنه‌وه‌و بیرخستنه‌وه بۆ كه‌سێ كه خۆی دڵێكی وای بێ كه خۆی بیربكاته‌وه‌و رێگه‌ی چاكو خراپ له‌یه‌ك جیابكاته‌وه‌و ، له رێگه‌ی خراپ دووربكه‌وێته‌وه‌و رێگه‌ی چاكه بگرێته به‌ر . یاخود ئه‌گه‌ر دڵێكی زانای وای نه‌بوو گوێ له موسوڵمانێكی عاقڵی دڵسۆز بگرێو خۆیشی حازر بێو ئاگای له قسه بیسراوه‌كان بێو به ساغی وه‌ریانبگرێ .

ئه‌گه‌ر نازانی كێیه به‌ختیار ؟
شه‌خصێكه زاناو ته‌واناو هۆشیار
یا نه‌زانێكه گوێ بگرێ به دڵ
وه‌ربگرێ په‌ندی مامۆستای زانیار
بێ دڵی بێ گوێ پێی مه‌ڵێ ئینسان
به‌دبه‌خته‌و سه‌رسه‌خت له جینسی گیاندار

(وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ، وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ (٣٨) فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ ، وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الغُرُوبِ (٣٩) وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ ، وَأَدْبَارَ السُّجُودِ) (٤٠)

به راستی ئێمه ئاسمانەکانو زەوی‌و نێوانی ئەوانمان دروست‌کردوه لە ماوەی شەش رۆژا ، وەکوو لەمەوپێش چەن جار باسمان‌کردوه ، وە بەم دروستکردنیانه هیچ ماندوێتییەکمان پێ‌نەگەیشتوه •

جا مادام ئێمه ئەوەنده تەواناو زانایی‌و تۆیش پێغەمەری ئێمەیی‌و وای لەبەر چاوی نیگاداری‌و پارێزی ئێمەدا خۆت بگره لە بەرابەری واتـەی ناپەسەندی ئەو کافرانەدا ؛ چونکی کەسێ ئەوەنده تەوانا بێ ئەم جیهانـه دروست‌بکا ئەتوانێ تۆڵەی دۆستی خۆی لە دوژمنەکـەی بکاتەوه • وە خودای خۆت بە دوور بگره لە عەیب‌و تەقدیسی بکه بەر لە خۆرکەوتن‌و لە پێش ئاوابوونیا • واته لە کاتی بەیانی‌و عەسرا • وە لە بازێ لە شەویشدا هەر تەسبیحی بکەو لە پاش نوێژەکانیش •

وە بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانه : مەبەس لە تەسـبیح نوێژکردنەو ، مەعنای ئایەتەکه ئەمەیه : کە نوێژ بکه لـه پێش دەرچوونی رۆژاه واته نوێژی بەیانی بکه • وە لە پێش ئاوابوونی رۆژیشـدا • واتـه نوێژی نیوەڕۆو عەسر بکه • وە لە شەویشدا هەر نوێژ بکه • واته مەغریب‌و عیشا • وە مەبەس لە پاش سوجوود پاش نوێژه فەرزەکانـه • واتـه ئـەو سوننەتانه کە دوای نوێژه فەرزەکان هەن •

جەریری کوڕی عەبدوڵلا ـ خ ـ ئەڵێ : لە خزمەتی حەزرەتدا دانیشتبووین لە شەوێکدا . جا تەماشای مانگی کرد لە شەوی چواردەدا فەرمووی : بێگومان ئێوە لەمەولا خوای خۆتان چاو پێئەکەوێ وەکوو چۆن ئەم مانگی شەوی چواردە ئەبینن . وە کەستان ئەرکێکی پێ ناگا لە تەماشاکردنیا . واتە مەنع ناکرێ لە تەماشاکردنی . جا ئەگەر ئەتوانن نوێژێ لە پێش دەرچوونی رۆژاو ، نوێژێ لە پێش ئاوابوونی رۆژا بکەن بیکەن ، جا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (وسبح بحمد ربك) .

وە ئیبنو عەباس ـ خ ـ تەفسیری (وادبار السجود)ی بە تەسبیحاتی پاش نوێژەکان کردوەتەوە .

(واسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ (٤١) يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ، ذٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ (٤٢) إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ ، وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ (٤٣) يَوْمَ تَشَقَّقُ الأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعاً ذٰلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ (٤٤) نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ ، وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِجَبَّارٍ ، فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ) (٤٥)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست گوێ بگرە لەو رۆژەدا کە جاڕچی لە شوێنێکی نزیکەوە بانگ لە هەموو خەڵکی ئەو کۆمەڵگای لێپرسینەوە ئەکاو ئەڵێ : ئەی خەڵك ئامادەبن بۆ پرسیارو نامەی کردەوەتان لەلای خوداوە . ئەو رۆژە رۆژێکە دەنگی ئیسرافیل بە راستی ئەبیسنو ، ئەو رۆژە رۆژی دەرچوون لە گۆڕەو جاڕچی بانگ ئەکاو ئەڵێ : ئامادە بن بۆ لێپرسینەوە .

ئێمە ئەوەندە تەوانایین کە مردوو زیندووئەکەینەوەو زیندوو ئەمرێنین‌و گەڕانەوەو ئاکامی عالەمی زینـــدوو بۆ لای ئێمەیە • ئەو رۆژە رۆژێکە زەوی لەت ئەبێ‌و ، ئەوانیش بە پەلەپەل دەرئەچن ، ئــەم کاتـــە کـــاتی کۆکردنەوەی خەڵکەو ئەوە کارێکی ئاسانە بە لای ئێمەوە • ئێمە زاناترین بەوەی کە ئەوان ئەیلێن • وە تۆ زۆرت بەسەر ئەوانا نیە • دەی ئامۆژگاری بکەو پەند دابدە یادی خودا بخەرەوە بیری ئەوانەی کە لە ئامۆژگاری من ئەترسن •

سوورەتی (الذاريات) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ٦٠ ئایەتە ، دوای سوورەتی (الاحقاف) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(وَالذَّارِيَاتِ ذَرْواً (١) فَالحَامِلاتِ وِقْراً (٢) فَالجَارِيَاتِ
يُسْراً (٣)فَالمُقَسِّمَاتِ أَمْراً ! (٤) إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ (٥)وَإِنَّ
الدِّينَ لَوَاقِعٌ (٦) وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْحُبُكِ (٧) إِنَّكُمْ لَفِي قَوْلٍ
مُخْتَلِفٍ (٨) يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ (٩) قُتِلَ الخَرَّاصُونَ (١٠)
الَّذِينَ هُمْ فِي غَمْرَةٍ سَاهُونَ (١١) يَسْأَلُونَ أَيَّانَ يَوْمُ
الدِّينِ ؟ (١٢) يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ (١٣) ذُوقُوا
فِتْنَتَكُمْ ! هذا الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ) (١٤)

سوێند بەو بایانە کە خۆڵ بەرزئەکەنەوەو بڵاوی ئەکەنەوە بە رووی زەویدا . وە یا بەو ژنانە کە منداڵ فرەئەدەنو بڵاوی ئەکەنەوە بە وڵاتا . یاخود سوێند بەو فریشتانە کـــە بە وەزیفەی جیا جیاوە دێن بۆ عالەم ، جوبرەئیـل وەحی دێنێ بـۆ پێغەمـــەران . میکائیـل بژیوو ڕۆزی بـۆ گیانلەبـــەران بڵاوئەکاتـــەوە . عیزرائیل گیانی گیـــانداران ئەکێشێ . ئیسرافیل فوو ئەکا بە (صوور) ا ؛ دووجار . یەکەم بۆ وێرانکردنی کەژو کۆسار . دووهەم بۆ زیندووکردنەوەی گیاندار .

جا سوێند بەو بایانــە کــە باری قورسی هــەورو باران هەڵئەگرن • وە بەوانە کە بە ئارامی ئەشنێن بە جیهاناو بە دەشتاو بە بیاباناو بە هەردەو کۆسارانا ، یا بەو کەشتییانە کە بە ئاسانی بەسەر رووی دەریاکانا ئەڕۆن • جا سوێند بەو فریشتانە کە ئیش‌و کاری ئەوزاعی دنیا بەش‌ئەکەنــەوە بــە فەرمانی خودا : باران بۆ شوێنێ‌و ، قاتی بۆ شوێنێ تر • خۆشی‌و ئارامی بۆ وڵاتێ‌و جەنگ‌و بشێوە بۆ وڵاتێ تر • ساغی بۆ وڵاتێ‌و نەخۆشی بۆ وڵاتێ تر • سوێند بەو کەسە کە ئەمانەی هەموو لە ژێر دەستایە ! ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە لە : پاداش‌و ، تۆڵەو ، خۆشی‌و ، ناخۆشی لــــە گۆڕاو لــە رۆژی قیامەتداو ، لە مەیدانی لێپرسینەوەو ، لە دۆزەخ‌و لە بەهەشـــــــتدا ••• هەمووی راســـتەو رێکی واقیعەو ، پاداشی کـردەوەو بیرو باوەڕ دێتــە جێــگە •

وە سوێند بەو ئاسمانە کە رێگەو کۆڵانی زۆری تێدایە بۆ هاتوچۆی ئەستێرەکان ، یا خاوەنی جیهاتی زۆرە لەو (اعتبارات)ە کە ئەکرێن بــە بەڵگە لەسەر وجوودی خودای تەوانا ! بێگومان ئێوە ، ئەی دانیشــتوانی مەککەو غەیری مەککە وان لە ناو گوفتارو وتووێژی جیاجیــادا • بازێــك ئەڵێ : محەمەد شاعیرەو • بازێ ئەڵێ : جادووگەرەو • بازێ ئەڵێ : شێتەو قسەی لەسەر خۆی نیەو ، پاش مــردن زیندووبوونەوەو بەهــەشــتو دۆزەخ نیە ! لائەدرێ لەو قسە نابارانە ئەو کەســـە کە موەفەقەو خوابۆی رێك‌ئەخا لێیان لابدرێ •

خودا بیانکوژێ‌و بکوژرێن ئەو گەزافچییانە ، ئەوانە کــە وان لــە ناو گێژی نەفامی‌و نەزانیدا بێهۆشانەو سەرگەردانانە ئەســـــــووڕێنەوەو پرسیار ئەکەن : کەی‌و چ کاتێ رۆژی تۆڵە دێتە پێشەوە ؟ بەوانە بڵێ : کە رۆژی تۆڵە ئەو رۆژەیە ئەوان لەســـــــــەر ئاگری دۆزەخ رائەگیرێن‌و

ئەسووتێنرێن‌و ، لە لایەنی فریشتەی سزاوە پێیان ئەوترێ : بچێژن سزای خۆتان ، ئەم سزا ئەو سزایە کە ئێوە پەلەپەلتان بۆ ئەکرد •

(إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٥) آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ ، إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ (١٦) كَانُوا قَلِيلاً مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ (١٧) وَبِالأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ (١٨) وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ (١٩) وَفِي الأَرْضِ آيَاتٌ لِلْمُوقِنِينَ (٢٠) وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلا تُبْصِرُونَ ؟ (٢١) وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ (٢٢) فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ! إِنَّهُ لَحَقٌّ مِثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنْطِقُونَ) (٢٣)

بێگومان ئەوانە کە خاوەن تەقواو پارێزن لە تاوان وان لە ناو چەن بەهەشت‌و سەرچاوەیەکداو حاڵیان وایە ئەوەی کە خودا پێیداون وەری ئەگرن ، چونکە بەراستی لە پێش ئەم رۆژەدا ، واتە لە دنیادا ، خاوەن چاکە بوون‌و حاڵیان وەهابوو لە کەمێ لە شەوا ئەنووستن ، ئیتر خەریکی شەونوێژو بەندەیی بۆ خودا ئەبوون ، وە لە کاتی بەرەبەیانا بە دڵی فراوان‌و خۆشەوە داوای تاوانبەخشییان لە خودای خۆیان ئەکردو ، لە جۆرەها ماڵ‌و دارایی خۆیانا بەشیان بۆ داواکەران‌و بۆ نادارو نائومێدان داناوەو بەشیان ئەدان با خۆیشیان داوایان نەکردبێ •

وە بزانن هەیە لە زەویداو لە (تصرفات)ی خودا لە زەویدا بە وشکی‌و تەڕی‌و بە زەلزەلەو ئارامی‌و ، بە فیتنەو (مصالحە) ••• چەن بەڵگەیێ بۆ گەورەیی خودا بۆ ئەوانە کە ئەهلی باوەڕو یەقین ، یا بۆ ئەوانەیش کە بە یەقین شوێنەواری ئەو مەوادە زۆرانە

ئەناسن • هەروا لە نەفسی خۆیشتانا لە هەیکەڵو پەیکەرو ، شـــیوەی جوانو ، جیاوازی ئاوازو نەغمەو ، جیاوازی خوو رەوشـــتو ، چلۆنی تەرکیبی ئێسقانو رەگو گۆشت لەگـەڵ یەکتراو ، لـــە تەرتیبی جیهازی ورگو گەدەو دڵو گورچیلەو ••• دیمەنی ئینسان بە شادیو خەمناکیو ، حاڵەتی دڵی بە گوشادیو گیراویو ، ئامادەی گیانی بۆ گەیشـــتن بە زانیاریو پیشەسازیو دۆزینەوەی شتی نایاب ••• لـــە هەموو ئەمانەدا بەڵگە هەیە لەسەر وجوودی زاتو صیفاتی کەمالاتی خودا بۆ ئەو کەسانە تەماشا بکەنو وردبینەوە • جا ئایا هێشتا بیرناکەنەوەو ناڕوانن ؟ وە رۆزیو بژیوی ئێوە لە ئاسمانایە ، وە ئەوەیش کە ئێوە داوای ئەکـــەن لە پاداشو چاکە ؛ چونکی بەهەشت وا لە ژوور ئاسمانەکانەوە •

جا سوێند بە پەروەردگاری ئاسمانو زەوی ئەمە کـــە باســـم کرد بۆ ئێوە هەمووی حەقەو راستە وەکوو چۆن خۆتان قســـە ئەکەنو دەنگی خۆتان ئەبیسن •

(هَلْ اَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ اِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ (٢٤)
اِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ ، فَقَالُوا : سَـــلاماً ، قَالَ : سَـــلامٌ قَوْمٌ
مُنْكَرُونَ (٢٥) فَرَاغَ اِلى اَهْلِهِ ، فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (٢٦)
فَقَرَّبَهُ اِلَيْهِمْ ، قَالَ : اَلا تَأْكُلُونَ ؟ (٢٧) فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ
خِيفَةً ، قَالُوا: لا تَخَفْ ، وبَشَّرُوهُ بِغُلامٍ عَلِيمٍ (٢٨) فَاَقْبَلَتِ
امْرَاَتُهُ فِي صَرَّةٍ ؛ فَصَكَّتْ وَجْهَهَـــا ، وقَالَتْ : عَجُوزٌ
عَقِيمٌ ! (٢٩) قَالُوا : كَذلِكِ قَالَ رَبُّكِ ، اِنَّـــهُ هُوَ الحَكِيمُ
العَلِيمُ) (٣٠)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ئایا هاتوەتە لای تۆو پێت گەیشتوە باسی ئەو میوانە بەڕێزانە ؟ کاتێ کە چوونە ماڵەوە بەسەریاو ، سەلامیان لێکرد . ئەویش بە دڵ وەڵامی گەرمتری دانەوەو فەرمووی : عەیب نەبێ ناتان ناسم ! جا گورج تەشریفی بردو چوە ماڵەوەو گوێرەکەیەکی ناسكو قەڵەوی سەربڕی‌و ، گۆشتەکەی پێگەیاندو لەسەر یاسای ناندانان بۆ میوان لێی نزیك‌کردنەوە ، بەڵام ئەوان لە نانەکەیان نەخواردو ، ئیبراهیم فەرمووی : ئایا لەو نانە ناخۆن ؟ بە هیوای ئەوە شەرم نەکەن‌و روویان بکرێنەوەو نانەکەیان بخۆن . ئەوان لەسەر نەخواردن دەوامیان کرد . جا حەزرەتی ئیبراهیم ـ د ـ لەم رەفتارەوە ترس‌و بیمێ کەوتە دڵیەوەو وەزعی تێك‌چوو : کاتێ فریشتەکان تێگەیشتن کە ئیبراهیم ترساوە . وتیان : مەترسە نەخواردنەکەمان لەسەر نەفرەت‌و دوژمنایەتی نیە ، بەڵکو لەسەر واقیعی حاڵ‌و تەبیعەتەو ئێمە ناخۆین . وە موژدەیشیان پێدا بە بەپەیدابوونی کوڕێکی زانای بەهرەمەند . کاتێ خێزانەکەی بەم وەزعەی زانی رووی کردە حەزرەتی ئیبراهیم‌و بە دەنگێکی نارازیەتیەوە وتی : من پیرەژنێکی نەزۆکم لەم تەمەنەدا چۆن ئەم موژدەم ئەدەنێ بە بوونی منداڵ ؟! فریشتەکانیش فەرموویان : خودای تۆ وای فەرموە ، بە راستی خودا خاوەن حیکمەتە لە کردەوەکانیاو زانایە بە هەموو کارێ .

﴿ قَالَ : فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ ؟ (٣١) قَالُوا : إِنَّا
أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمٍ مُجْرِمِينَ (٣٢) لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً
مِنْ طِينٍ (٣٣) مُسَوَّمَةً عِنْدَ رَبِّكَ لِلْمُسْرِفِينَ (٣٤)
فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٣٥) فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا
غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٦) وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً لِلَّذِينَ
يَخَافُونَ الْعَذَابَ الْأَلِيمَ ﴾ (٣٧)

جا پاش ئەوە تێگەیشت کە ئەوانە فریشتەن لێی پرسین‌و فەرمووی : ئەو ئیشە گرنگە چییە کە ئێوە بۆی هاتوون ، ئەی فریشتە رەوانەکراوەکان لە لای خوداوە ؟ ئەوانیش فەرموویان : ئێمە رەوانەکراوین بۆ سەر گەلێکی تاوانبار هەتا بیارێنین بەسەریانا بەردێك کە لە قوڕەوە دروست‌بوەو وەکوو بەردی لێ‌هاتوە ! ئەو بەردانە لە لای خوداوە دیاری کراون بۆ ئەوانە کە لە یاسای حەق دەرچوون بە بەدخوویی‌و بەدڕەوشتی • جا ئێمە دەرمان‌کرد لەو ئاوەدانییە ئەوانە تیایا بوون لە خاوەن باوەڕەکان • بەلام مالێك زیاتر موسولمانمان تیا دەست‌نەکەوت ! جا ولاتەکەمان بەردەباران کردو وێرانمان کردو ، دوایی لەو ولاتەدا نیشانەیەکمان لەسەر گەورەیی خۆمان بەجێ‌هێشت بۆ ئەو کەسانە کە لە سزای سەختی ئێمە ئەترسن لە دنیاو قیامەتا •

(وَفِي مُوسَىٰ إِذْ أَرْسَلْنَاهُ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ (٣٨) فَتَوَلَّىٰ بِرُكْنِهِ ، وَقَالَ : سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ (٣٩) فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ •وَهُوَ مُلِيمٌ) (٤٠)

وە لە حەزرەتی موسای کوڕی عیمرانیشا نیشانەیەکی گەورە هەیە لەسەر هێزو تەوانایی خودا لەو کاتەدا کە ناردمان بۆ لای فیرعەون بە بەلگەیەکی دیاری‌و موعجیزەیەکی کارییەوە • واتە کاتێ کە ناردمان بۆ لای بە عاسای عاصی‌کوژەوە ، ئەویش پشتی هەلکرد لە وەرگرتنی دەعوەتەکەی موساو ، وتی : ئەم ئینسانە یا جادووگەرە یا شێتەو ، ئێمە بۆ شێتێ یا بۆ جادووگەرێ جێگەو رێگەی خۆمان تێك‌نادەین ! جا ئێمەیش قارمان لێ گرت‌و خۆی‌و سوپاکەیمان گرت‌و فڕەماندانە ناو دەریاوەو ونمانکردن‌و بێ‌سەرو شوێن تیاچوون ، فیرعەون نەبێ ، ئەومان بە لەشەکەیەوە خستە

سەر ئاو . تا كەس نەڵێ : فيرعەون ماوە لە دنيادا • فيرعەونيش لەو كاتەدا لە حاڵێكدا بوو خۆی سەرزەنشتی خۆی دەكرد ؛ چونكی كردەوەكـــەی ئەوەی هەڵدەگرت •

(وَفِي عَادٍ ، إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ الْعَقِيمَ (٤١) مَا تَذَرُ مِنْ شَيْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ إِلاَّ جَعَلَتْهُ كَالرَّمِيمِ (٤٢) وَفِي ثَمُودَ إِذْ قِيلَ لَهُمْ : تَمَتَّعُوا حَتَّى حِينٍ (٤٣) فَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ ، فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ وَهُمْ يَنْظُرُونَ (٤٤) فَمَا اسْتَطَاعُوا مِنْ قِيَامٍ ، وَمَا كَانُوا مُنْتَصِرِينَ (٤٥) وَقَوْمَ نُوحٍ مِنْ قَبْلُ . إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْماً فَاسِقِينَ (٤٦) وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ ، وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ (٤٧) وَالأَرْضَ فَرَشْنَاهَا ، فَنِعْمَ الْمَاهِدُونَ (٤٨) وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ) (٤٩)

وە لە گەلی عاديشدا نيشانەيەكی گەورە هەيە ، لەو كاتـەدا قارمـــان لێ گرتن ، بايەكی وەهامان ناردەسەريان هيچ خێرو بێرێكی تێـــدا نەبوو ، بايەكی وەها بو بەسەر هەرچيدا ئەهات ئەيكرد بە خۆڵەمێش •

وە لە باسی گەلی ثەموديشا نيشانەی گەورە هەيە لەسـەر گەورەيی ئێمە ، لەو كاتەدا پێيان وترا : رابوێرن لــە جێگەی خۆتـانـا تـا كاتێكی دياریكراو كە سێ رۆژ بوە ، ئەوانيش لە فەرمانی خـــودا لايـاندا ، جا ترپشقەيێ لێيداو ئەوان سەيری ئاسمانيان ئەكردو ئەيانڕوانی ، ئيتر تواناى ئەوەيان نەما لە جێی خۆيان راستبينەوەو لەوانە نەبوون كـــە لــە لايەنی كەسەوە يارمەتی بدرێن •

وە باسی گەلی نووح بکە کە لە پێش عادو ثەموودا بوون ؛ بە راستی ئەوان گەلێکی بەدو نابار بوون • وە ئێمە ئاســمانمان بــە هێزو بــە تین دروستکردوەو ، ئێمە خاوەن هێزین لەســەر ئەوەی بسانەوێ بیکەین • وە زەویشمان راخســت بۆ ژیواری ئادەمیزادو ئێمە جێگە رێکخەرو جێگەڕاخەرێکی باش بووین • وە لــە هەموو صــینفێ دوو هــاولفمان دروستکردوە بە هیوای ئەوە کە بیر لە هێزو توانایی خــودادا بکەنەوە • وە ئەوە بکەن بە هۆی نەکردنی حەرامو کردنی واجبو مانەوە لەســەر رێبازو یاسای پێغەمەری خودا ـ د ـ •

(فَفِرُّوا إِلَى اللهِ ، إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ (٥٠) وَلاَ تَجْعَلُوا مَعَ اللهِ إِلَهاً آخَرَ ، إِنِّي لَكُمْ مِنْهُ نَذِيرٌ مُبِينٌ (٥١) كَذَلِكَ مَا أَتَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ قَالُوا : سَاحِرٌ أَوْ مَجْنُونٌ ! (٥٢) أَتَوَاصَوْا بِهِ ؟ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ (٥٣) فَتَوَلَّ عَنْهُمْ فَمَا أَنْتَ بِمَلُومٍ (٥٤) وَذَكِّرْ ، فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ) (٥٥)

ئەی ئادەمیزاد رابکەن بۆ لای خوداو پەنای پێ ببەن ، بەراستی من ترسێنەرم بۆ ئێوەو ئەتانترسێنم لە سزای خودا • وە لەگەڵ خودادا خودای تر بڕیار مەدەن ، بەراستی من ترسێنەرێکی دیاریو ئاشــکرام بۆ ئێوەو ، لە لای خوداوە ئەوەم پێسپێرراوە ئێوە لــە سزای خودابترسێنم • کــار ئاوایە ، لەمەوبەریش پێش تۆ هیچ پێغەمەرێك نەهاتوە بۆ لایان ئیللا ـ وەك چۆن ئیستە بە تۆ ئەڵێن ـ پێیان وتوە : ئەم پێغەمەرە شێتە یا جادووگەرە ! جا ئایا ئەو گەلە پێشــــووانە لەناو خۆیانا ئامۆژگاری یەکتریان کردوەو وەصیەتیان بۆ یەك کردوە تا بە درێژایی مێژوو بەم قســە پڕوپووچانە ڕۆژ

بەرنەسەرو لەسەر ئەم شێوە دەوام بکەن ؟ نەخەیر ئەم کارە هۆی وەصیەتکردن نیە ، بەڵکو هەر خۆیان گەلێکی لەیاسابەدەرن ، دەی تۆیش پشت لەوان هەڵبکەو گوێیان پێمەدە ، تۆ لۆمە ناکرێیت • رێنومایان بکەو خودایان بیر بخەرەوە ؛ چونکی خودا بیرخستنەوە سوودی هەیە بۆ خاوەن باوەڕەکان •

(وما خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) ما أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ ، وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧) إِنَّ اللهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ (٥٨) فَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذَنُوباً مِثْلَ ذَنُوبِ أَصْحابِهِمْ . فَلا يَسْتَعْجِلُونِ (٥٩) فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ يَوْمِهِمُ الَّذِي يُوعَدُونَ) (٦٠)

وە من کە پەروەردگاری جیهانم بێ نیازم لە عالەم ، بوونو نەبوونی عالەم بە نیسبەتی منەوە جیاوازی نیە ، بەڵام کە ئیرادەم هاتە سەر دروستکردنی عالەم ئیرادەی خۆم جێبەجێ کرد ، وە لە عالەما جینو ئینسم بۆ ئەوە دروستکردوە کە بەندەیی من بکەن ، وە لەبەر ئەوە کە بەندەیی بە بێ زانست ناکرێ پێویستە ئینسان لە هەموو شتێکدا خودا بناسێ ، ئەوجا بەندەیی بۆ بکا • وە من خواستم نیە ئەوان بژیوو رۆزیم بۆ بێنن ، وە نامەوێ کە خۆراکم بدەنێ ، من موحتاجی خواردنو خواردنەوە نیم ، وە بە راستی خودا رۆزیدەرە بە هەموو گیانلەبەرێو خاوەن هێزەو نەگۆڕاوە ، وە وەها مەزانن کەس لە دەستی من دەرئەچێ ، وا نیە • وە بە راستی بۆئەوانە کە ستەمکارن دۆڵچەیێ هەیە وەکوو دوڵچەی هاووێنەکانیان لە چەرخی کۆنا •

ئەم عیبارەتە لە شوێنی هەڕەشەدا بەکاردێو ، کاکڵەکەی ئەمــەیـە : هەر کەسێو هەر گەلێ کاتی تایبەتی هەیە بۆ ئەوە تۆڵەی لێبسـێنرێتەوەو ئەو کاتەی هەر دێتەپێشو لە دەستی دەرناچێو ئیتر پێویست بەوە نـاکـا پەلەپەلی بۆ بکا • جا وەیلو هاوار بۆ ئەوانە کافر بوون لە ترسو بیمی ئەو ڕۆژەیان کە وەعدەیان پێدراوەو هەر بۆیان دێتەجێو لێی ڕزگار نابن !

سوورەتی طـوور ، لـە سوورەتە مەککەییەکانە ، (٤٩) ئایەتە ، دوای سوورەتی سەجدە هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والطُّورِ (١) وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ (٢) فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ (٣)
وَالبَيْتِ المَعْمُورِ (٤) وَالسَّقْفِ المَرْفُوعِ (٥) والبَحْرِ
المَسْجُورِ ! (٦) إنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ (٧) ما لَهُ مِنْ دافِعٍ (٨)
يَوْمَ تَمُورُ السَّمَاءُ مَوْراً (٩) وتَسِيرُ الجِبالُ سَيْراً (١٠)
فَوَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (١١) الَّذِينَ هُمْ فِي خَوْضٍ
يَلْعَبُونَ) (١٢)

خودای تەعالا بۆ تەئکیدو تەحقیقی سزای تاوانباران سوێند ئەخواو ئەفەرموێت : سوێند بەو کێوی طوورە کە جیلوەی خوایەتی خۆمی تیا دەرکەوت بۆ موسای کوڕی عیمرانو گوفتوگۆم لەگەڵدا کرد ! وە بەو کتێبە کە لە ناو پێستێکی بڵاوکراوەدا نووسراوەتەوە ، وەکوو ئەو قورئانە کە لە زەمانی ئەبوبەکرو عوثماندا ـ خ ـ نووسراوەتەوە ! وە سوێند بەو هێژدە خانوە کە ئاوەدانە بە ئەهلی زیکرو تاعەت وەکوو کەعبەی پیرۆز بێ . یا وەکوو (بیت المعمور) کـە لـە ئاسـمانی چوارەمایەو زیارەتگای فریشتەکانە ! وە سوێند بەو دەریا کە پڕە لە ئاوو بوە بە سەرچاوە بۆ ئاوی دنیا وەکوو دەریای (موحیطی ئارام) . یا ئەو دەریایە کـە ئەکوڵێ وەکوو

ئەو دەریا ئاگرە کــە وا لەژێرەوەو لـــە ناو کوورەگەی زەویداو دەورەی دراوە بە (غیلافی قیشری قائیم) • یاخود سوێند بەو دەریا کە دێتە جۆش و کوڵ لە کاتی بورکانی زەویدا لە سەرەتای هاتنی قیامەتەوە ! واتە ســوێند بەو خودایە کە تەوانایە بەسەر ئەم کارە گەورانەدا کــە هەر خودا ئەتوانێ بیانکا ! بێگومان سزای بۆ ئەو تاوانبارانە کە کوفری خودا ئەکەن و دیــن وەرناگرن ، وە یاخود موبالات بە حاڵی خۆیان ناکەن و گوناح ئەکەن لــە کاتی خۆیا •• هەیەو راستەو موافیقی حەقە • وە هیچ هێزێ نیـــە چاری بکاو بەرگری لێ بکاو نەیەڵێ بێتە جێگە ، لەو رۆژەدا کە مەوادی ئاسمانی لە ئەستێرەو غەیری ئەستێرە دێنە هاتوچۆو ، کێوەکان لە زەویدا لە شوێنی خۆیانا نامێنن و ئەبن بە تۆزو ئەڕۆن بە فەزای جیهانا • جا هاوارو ئەنجامی ناهەموار هەیە لەو رۆژەدا بۆ ئەو کەسانە کە پێغەمەرانیان بەدرۆ خستوەتەوەو باوەڕیان پێ نەکردوون ، ئەوانە کە وا گاڵتە ئەکەن و خۆیان ئەخەلەتێنن بــە رۆچوون لە کاری بێ سوودو یاسای دوور لە ئەخلاقا •

(يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَى نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا (١٣) هَذِهِ النَّارُ الَّتِي كُنْتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ (١٤) أَفَسِحْرٌ هَــذَا ؟ أَمْ أَنْتُمْ لَا تُبْصِرُونَ ؟ (١٥) اصْلَوْهَــا ! فَاصْبِرُوا أَوْ لَا تَصْبِرُوا سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ ، إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (١٦)

ئەو رۆژە رۆژێکە پاڵ بە تاوانبارانەوە ئەنرێ بۆ لای ئاگری دۆزەخ بە پاڵێکی توندو بە هێزو ، پێیان ئەوترێ لە لایەنی فریشتەکانی ســزاوە : ئەم ئاگرە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە باوەڕتان پێ نەدەکردو بە درۆتان ئەزانی و ، بەرانبەرکێتان لەگەڵ رەهبەرەکانا ئەکردو ئەتانوت : شتی وا نیە • ئــایــا چاوکەوتنتان بەم ئاگرەو ئەم ئاگرە خۆی جادوو و چاوبەنـــدە ؟ یا خەیر

ئیسته‌یش نای‌بینن وه‌کوو له دنیادا نه‌تان‌ئه‌بینی‌و چاوتان پێی نه‌ده‌که‌وت ؟ ده یاللا برۆنه ناویه‌وه ! خۆبگرن یا خۆنه‌گرن ، بێده‌نگ بن یا هاوار بکه‌ن ... وه‌کوو یه‌ك وایه بۆ ئێوه . له هیچ حاڵێکداو به هیچ بارێکدا لێی رزگار نابن‌و فه‌رمانی خودا له‌سه‌رتان یه‌کسانه‌و : هه‌رگیز سته‌متان لێ ناکرێ‌و ناحه‌قیتان له‌گه‌ڵدا ناکرێ‌و پاداشتان نادرێته‌وه به‌وه نه‌بێ که خۆتان ئه‌تانکرد .

بزانن ! ئه‌م چه‌ن که‌لیمه وه‌کوو : طوورو ، کیتاب‌و ، (رق منشور)و (بیت معمور)و (سقف مرفوع)و (بحر مسجور) زاناکان به گوێره‌ی ئاگاداری خۆیان گه‌لێ ته‌فسیریان بۆ نووسیون . ئه‌وه‌ی که من نووسیم مه‌عنای دیارو ئاشکرایه .

به‌یضاوی ئه‌ڵێ : (رق منشور) ئه‌وپێسته‌یه کیتابی له‌سه‌ر ئه‌نووسرێ‌و به خواسته‌مه‌نی هێنراوه بۆ هه‌ر شتێ که کیتابی له‌سه‌ر بنووسرێ ، کاغه‌ز بێ یا پێست بێ یا غه‌یری ئه‌وانه . به‌ڵام من ئه‌وه که‌وته دڵمه‌وه که خودا زانایه به‌وه قورئان کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلامه‌و ئه‌م ئایینه ده‌وامداره‌و له پاش کۆچی حه‌زره‌ت ئه‌که‌وێته ده‌ستی خوله‌فای راشیدین - خ - و خه‌لیفه‌کانیش له‌سه‌ر پێستی حه‌یوان ئه‌ینووسنه‌وه . جا به‌و ئیعتیباره فه‌رمووی : (وکتاب مسطور في رق منشور) .

(إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَعِيمٍ (١٧) فَاكِهِينَ بِمَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ وَوَقَاهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (١٨) كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (١٩) مُتَّكِئِينَ عَلَى سُرُرٍ مَصْفُوفَةٍ وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ (٢٠) وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ

ذُرِّيَّتُهُمْ بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ . وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ ، كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ) (٢١)

بێگومان ئەوانە کە خاوەن تەقوان لە ڕۆژی دواییدا وان لە ناو چەن بەهەشتێکدا کە هەرکام لەوانە وەکوو دەشتێکە ، وە وان لە لای سەرچاوە ئاوی زۆری گەوارای سافی زەلاڵا • وە ڕائەبوێرن بەو نیعمەتانە کە خودا پێیداون ، وە خودا ئەیانپارێزێ لە سزای دۆزەخو ، لە لایەنی دەرگاوانی بەهەشتەوە پێیان ئەوترێ : بخۆنو بخۆنەوە خواردنەوەیەکی گەوارا بە هۆی پیرۆزیو جەزای ئەو کردەوە باشانەوە کە ئەتانکردن • وە حاڵیان وایە لە کاتی دانیشتنا پاڵ ئەدەنەوە لەسەر چەن تەختێکی بەڕیزدانراو • وە جووتم کردنو هاوجووتم بۆ دانان لە بەهەشتا لەو ژنە جوانانە کە مەشهوورن بە (حووری عین) ، واتە ژنانی سافی سپی چاو گەورە •

وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان کردوە بە باوەڕێکی بەهێز ، وە بوون بە هۆی باوەڕکردنی نەتەوەکەیانو نەتەوەکەیان شوێنیانکەوتن لە باوەڕاو ئەوانیش باوەڕیانکرد •• ئەوە لە پاشەڕۆژا ئەو نەوەو نەتەوانە ئەبەینە پایەو ڕیزی باوکەکانیان بۆ دڵخۆشکردنی ئەوان هەرچەند کردەوەیشیان وەکوو باوکەکانیان نەبێ • وە ئەمە بێ ئەوەی کە لە پایەو پاداشی باوکەکان شتێ کەم بکەینەوە ؛ چونکی هەموو کەسێك بەسراوە لە پایەدا بە کردەوەی خۆیەوە ، وە مادام باوکەکان خاوەن باوەڕو کردەوەی باشن پاداشی خۆیان بە ساغیو تەواوی وەرئەگرن • وە گەیاندنی نەتەوەو ئەولادیان بە پایەی ئەوان بە یاسای فەضلو ڕەحمەتە •

(وَأَمْدَدْنَاهُمْ بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٢٢) يَتَنَازَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ (٢٣) وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَكْنُونٌ) (٢٤)

وه به میهره‌بانی خۆمان زیاد ئه‌كه‌ین بۆ ئه‌هلی به‌هه‌شت نیعمه‌تی خۆمان له میوه‌و گۆشتی ناسكی جوان له‌وه‌ی ئاره‌زووی ئه‌كه‌ن . وه له ناو خۆیانا پیاڵه‌ی شه‌رابی پاكی حه‌ڵاڵ ده‌س به‌ده‌س ئه‌كه‌ن‌و ئه‌یخۆنه‌وه له حاڵێكدا نه قسه‌ی به‌تاڵ‌و پووچ‌و نه كاری تاوانباری له‌و خواردنه‌وه‌دا نیه • واته : خواردنه‌وه‌ی به‌هه‌شت دووره له كاری زشت • وه چه‌ن غولامێ به ده‌وریانا ئه‌گه‌ڕێن بۆ خزمه‌تكردنیان‌و ، ئه‌و غولامانه پاك‌و خاوێنن له هه‌موو خراپه‌یه‌ك ، كاتێ ته‌ماشایان ئه‌كه‌ن به شێوه‌یێ دێنه به‌رچاوتان وه‌ك ئه‌وه وان كه دوڕی جوان‌و پارێزراو بن له ناو صه‌ده‌فا •

(وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٢٥) قَالُوا : إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ (٢٦) فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ (٢٧) إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلُ نَدْعُوهُ ، إِنَّهُ هُوَ الْبَرُّ الرَّحِيمُ) (٢٨)

وه له كاتی دیده‌نی یه‌كتردا دائه‌نیشن‌و بازێكیان روو ئه‌كه‌نه بازێكیان‌و پرسیار له حاڵی یه‌كتر ئه‌كه‌ن‌و ئه‌ڵێن : چۆنن‌و له‌مه‌وپێش چۆن بوون ؟ ئه‌وانیش ئه‌ڵێن : ئێمه كاتی خۆی له‌ناو خۆمانا ئه‌ترساین‌و ترسمان له سزای خودا زۆر بوو ، جا خودای ته‌عالا منه‌تی نایه سه‌رمان‌و پارازتینی له سزای گه‌رمی سه‌مووم • بێگومان دۆعامان زۆر ئه‌كردو له خودا ئه‌پاڕاینه‌وه ، چونكی هه‌ر خودایه خاوه‌ن چاكه‌و میهره‌بان •

(فَذَكِّرْ ، فَمَا أَنْتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ (٢٩) أَمْ يَقُولُونَ : شَاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ ؟ (٣٠) قُلْ : تَرَبَّصُوا ! فَإِنِّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُتَرَبِّصِينَ (٣١)

(أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَامُهُمْ بِهَذَا ، أَمْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ ؟ (٣٢) أَمْ يَقُولُونَ : تَقَوَّلَهُ ؟ بَلْ لَا يُؤْمِنُونَ (٣٣) فَلْيَأْتُوا بِحَدِيثٍ مِثْلِهِ إِنْ كَانُوا صَادِقِينَ !) (٣٤)

دەی ئەی رەهبەری خۆشەویست دەوام بکە لەسەر بیرخستنەوەو فێرکردنی خەڵكو بانگکردنیان بۆ خودابەیەکناسیو بەندەییو دڵسۆزی ، وە گوێ بە قسەی کەس مەدە • تۆ بە پیرۆزی نیعمەتی خوداوە لەسەرت نە ئینسانێکی شێتو عەقڵپەرێشانیو ، نە عاقڵێکی وای کە عەقڵت تێکەڵی جادوو و کەهانەو خوو رەوشتی نابار بێ ، بەڵکو تۆ ئینسانێکی پوختەو پاکیو . خاوەن عەقڵی سافو دڵڕووناکیو بە فەیضی خودای تەعالاوە وەحیت بۆ دێ لە لای زاتی خوداوەو ئالای پیرۆزی رێنومایت هەڵکردوە •

نەخەیر ئەو کافرە بێهۆشانە ئەڵێن : ئەو زاتە شاعیرێکەو ماوەیێ چاوەڕێی هاتنی بەڵای مردن ئەکەین بۆی بێت تا بمرێو لە دەستی رزگار ببین • جا تۆ پێیان بڵێ : چاوەڕێ بکەن منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێ ئەکەم بۆ بەربادبوونی ئێوە • جا با بزانم ئێوە سەرئەکەون بە مردنی من یا من سەرئەکەوم بە بەربادبوونی ئێوەو بڵاوبوونەوەی دینەکەی من بەجیهانا ؟

جا ئەم قسە پووچانە ئەوان ئەیانکەن کە زۆربەیان دژی یەکنو ناراستن عەقڵیان پێیان ئەڵێ : بیانکەن ، یاخود ئەوان گەلێکن لە کێشو باری عەقڵو بەڵگەهێنانەوە لایانداوەو هەرچی بە خەیاڵیانا بێ شوێنی ئەکەون ، یا خەیر ئەڵێن : ئەم وتارە ئەو ئەیخوێنێتەوە خۆی بە دەم خوداوەی هەڵبەستوە ؟ ئەمانە هیچیان نیە ، بەڵکو ئەمانە هەر باوەڕیان بە

خوداو بە ڕەهبەری تۆ نیە ، ئەگەرنا ئەگەر ڕاست ئەکەنو بە قسەی هەڵبەستراوی ئێرەتی ئەزانن فەرموون با کەلامێکی وەکوو قورئان داتێن ! بزانین ئەتوانن ؟!

بە کورتی خودا بە خۆشەویستی ئەفەرموێت : تۆ خەریکی بانگکردنو ڕێنومایی‌کردنی هۆشیاران بەو ، بە ڕاستی تۆ خاوەن بیرو باوەڕی ڕاستو کردەوەی چاکیو ، ئەو وتارەیش کە تۆ ئەیخوێنیتەوە کەلامی خودایەو ، بێجگە لەمە هەرکەسێ هەرچی بڵێت هەمووی پووچو بێ بایەخە ؛ چونکی تۆ کە عالەم بانگ ئەکەی بۆ ڕێگەی خێر خۆت ئینسانێکی عاقڵو ژیری • شێتی دوورە لە ئینسانێکەوە وتارو ڕەفتاری هەموو لەسەر یاسای مەعقوول بێ • کە وابێ بێگومان تۆ عاقڵیو ئینسانی عاقڵ هەر قسەیێ بکا یا درۆ ئەکا یا ڕاستو ، درۆ دوورە لە ئینسانێ کە لە ئەوەڵی ژیانیەوە بە ڕاستگۆ ناسرابێ • کە وابێ قسەکانت ڕاستنو قسەی ڕاست یا شیعری بە کێشو ڕێکە ، یا پەخشانە ، ئەم کەلامە تۆ ئەیخوێنیتەوە لەسەر شێوازی شیعر نیە ، کە وابێ ئەبێ پەخشان بێ • وە پەخشانی ڕاست یا لە بیری ئێرەتییەوە دەردێ یا لە بیری نائێرەتیو خراپەوە ، یا لە هەواڵدانو گەیاندنی هەواڵدەری ڕاستەوە • وە دیارە کە ئەم کەلامە تۆ ئەیخوێنیتەوە کە بانگی عالەم ئەکا بۆ ڕێگەی ڕاست نە بیری ئێرەتی پیاوێکی نەخوێندەوارەو ، نە کەهانەتی ئینسانێکی فڕوفێڵبازە کە بە درێژی زەمانو لێکدانەوەی زۆر هەندێ شتی بۆ حەل کرابێ • کە وابێ کەلامەکەی تۆ کەلامێکە لە لای خوداوە بۆت نێراوەو ڕاستو بێ گومانە •

(اَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ ؟ اَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ؟ (٣٥)
اَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ؟ بَلْ لَا يُوقِنُونَ (٣٦) اَمْ

عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ ؟ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ ؟ (٣٧) أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ ؟ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُمْ بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ (٣٨) أَمْ لَهُ الْبَنَاتُ وَلَكُمُ الْبَنُونَ ؟ (٣٩) أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْراً فَهُمْ مِنْ مَغْرَمٍ مُثْقَلُونَ ؟ (٤٠) أَمْ عِنْدَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ؟ (٤١) أَمْ يُرِيدُونَ كَيْداً ؟ فَالَّذِينَ كَفَرُوا هُمُ الْمَكِيدُونَ (٤٢) أَمْ لَهُمْ إِلَهٌ غَيْرُ اللهِ ؟! سُبْحَانَ اللهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ !) (٤٣)

ئایا ئەم کافرانی قورەیشە دروستکراونو بە بێ کەسو دروستکەر پەیدابوون وا سەربەستن ؟ یاخود هەر خۆیان خالیقی خۆیانن بۆیە بەندەیی بۆ خودا ناکەن ، وە ئەگەر بە هۆی خەیاڵی پووچەوە بڕیاری خالیق بۆ خۆیان نادەن ئەی بۆ ئاسمانو زەوی چی ئەڵێن ؟ ئایا ئەوان ئاسمانو زەوییان دروستکردوە ؟ خۆ دیارە داوای ئەوە ناکەن • کە وابوو لە بەرچی ئەوەندە بێ باکنو ، بۆچی دان نانێن بە بوونی خودای تاکی تەنیادا ؟ خەیر ئەمانە زانیارییەکی راستەقینەیان نیە بەوە کە پەروەردگار بۆ جیهان پێویستە • ئەگەرنا بەم ئەندازە بێباکو چاوقایم نەدەبوون بەرابەر بەخوداو هاوڕێو هاوبەشیان بۆ دانەدەنا • یا خەیر خەزێنەکانی خودا لای ئەوانن ، واتە : خەزێنەی مەعنەوییات بە لای ئەوانەوەیەو تا ئەوان خواستیان نەبێ کەس نابێ بە پێغەمەر بۆیە وا دان‌نانێن بە پێغەمەرێتی رەهبەرا ؟ یاخود ئەوان زاڵن بەسەر هەموو شتێکداو ئەبێ هەر خۆیان تەدبیری هەموو کارێ بکەنو ، ئێستە کە تۆ دەڵێی : من پێغەمەری خودام ئەوان رازی نابن ؟ یا خەیر پەیینجەیان هەیە بۆ ئەوە پیایا سەرکەون بۆ ناو فریشتەکانو لەوێدا فەرمان وەرئەگرنو گوێچکە رائەگرن ؟ جا با گوێڕاگرەکەیان بێتو

به‌ڵگه‌ی خۆی بنوێنێ ، به‌ڵام به‌ڵگه‌یه‌کی دیاری‌و رووناك با هه‌موومـــان تێی‌بگه‌ین •

یا خه‌یر پێویسته خودا هه‌ر کچی ببێ‌و ئێوه کوڕتان ببێ ؟ یا خود داوای کرێیه‌کی زۆر ئه‌که‌ن به‌رابه‌ر به راگه‌یاندنی دین‌و ئه‌وانیش بـه هۆی دانی ئه‌و کرێ قورسه‌وه باریان گران بوه ؟ یاخـــود ده‌فتـــه‌ری غه‌یب له لای ئه‌وانه‌و ئه‌وان ئه‌ینووسنه‌وه‌و به چاك‌و خراپ‌و به راست‌و لاری عـالـــه‌م ئه‌زانن ؟

یا خه‌یر هه‌ر مه‌به‌ســـیان فڕوفێڵ‌کردنه بۆ له‌ناوبردنی پێغه‌مه‌ر ـدـ هه‌تا ده‌عوه‌تی حه‌ق لـه جیهانا نه‌مێنێ ؟ ئه‌گـه‌ر مه‌به‌سیان ئه‌مه‌یه با بزانن کافره‌کان گیرۆده‌ی مه‌ینه‌ت بوون‌و ئه‌وان به‌رباد ئه‌بن نه‌ك محه‌مه‌دو دینی حه‌ق • یا خه‌یر خودایێ تریان هه‌یه بێجگه له په‌روه‌ردگاری جیهان به‌ودا ئـه‌نازن‌و فه‌رمانی که‌س وه‌رناگرن ؟ جا ئـه‌گه‌ر ئه‌مه ئه‌ڵێن ئێمـه له‌بـه‌ر سه‌رسوڕمان لـــه نه‌زانیی ئه‌وانه ئه‌ڵێین : په‌روه‌ردگاری جیهـان پاکـه‌و دووره له‌و هاوبه‌ش‌و هاوڕێیانه که ئه‌وانه بۆی دائه‌نێن •

بزانن ! ئه‌نجامی مه‌به‌ست له‌م ئایه‌ته پیرۆزانه‌دا ؛ هه‌ر له ئایه‌تی (ام یقولون •••) تا ئاخری (سبحان الله عما یشرکون) ئه‌مه‌یه ئه‌و کافرانی قوره‌یشه بیر بکه‌نه‌وه‌و بگه‌ڕێنه‌وه بۆ سه‌ر خه‌تی راست‌و واز له نه‌فامی‌و نه‌زانی‌و لاساری بێنن • وه ئه‌نجامی ره‌دکردنه‌وه‌ی گومانی کافره‌کان ئه‌مه‌یه که ئه‌و لادان‌و نافه‌رمانی خودایانه یا له‌به‌ر ره‌خنه‌یه له وه‌زعی پێغه‌مه‌ر ـدـ ئه‌وه بزانن عه‌یب روو ناکاته ئه‌و زاته ؛ چونکه عاقڵه‌و شێت نیه‌و ، عاقڵێکی راسته‌و به پێچه‌وانه‌ی واقیع قسه ناکا • وه ئه‌گه‌ر له‌به‌ر که‌لامه‌که‌یه کـه ئه‌یخوێنێته‌وه •• ئه‌وه هه‌ڵه‌ن ؛ چونکی قسه‌کانی شیعرو هۆنراوه‌ی عاده‌تی

نین‌و بە زیادەڕەوی گەزاف جوان‌نەکراون ، وە پەخشانێکی وایش نیە گومانی تێکەڵ بێ‌و وەکو وتاری کاهینەکان نیە ، وە وتارێکی هەڵبەسراوی ناحەقیش نیە ، ئەگەرنا بۆچی ئەوان ناتوانن وتارێکی وا بڵێن ؟

وە یا لادان‌و یاخی‌بوونەکەیان لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیان بە پەروەردگار نیە ، ئەوە ئەو کاتە دەبێ یا بەبێ پەروەردگار پەیدا بووبن وە یاخود خۆیان خۆیان دروست‌کردبێ ، ئەم بیرانەیش بە ئاشکرا دیارە کە پووچن ؛ چونکی دروستکراوو شتی پەیدابوو بە بێ وەستاو پەیداکەر مەحاڵە • وە تەئثیری شتیش لە خۆیا ، بەم رەنگە خۆی دروستکەری خۆی بێ ، ئەمەیش وەکوو یارۆی پێشوو هەر پووچە ؛ چونکی پێویست ئەکا شت لە کاتی نەبوونیا بووبێ‌و تەئثیر لە خۆیا بکا کە نەبوەو هێنابێتی بۆ بوون ! ئەمەیش هەر مەحاڵە ؛ چونکە پێویست ئەکا مەعدووم فاعیل بێ‌و ، مەوجوود پاش وجوود موحتاجی فاعیلی مووجید بێ •

وە بۆ روونکردنەوەی پووچی ئەم بیرە کە خۆیان دروستکەری خۆیانن ئەمە بەسە کە ناتوانن کار بکەنە سەر عالەمی باڵا کە ئاسمانەو ، نایشتوانن کار بکەنە سەر عالەمی نەوی کە زەوییە •

وە ئەگەر یاخی‌بوونەکەیان لەبەر ئەوەیە کە دروستکەر هەیە بەڵام ئەوان خۆیان خەزێنەی هەموو رەحمەتێکی خودایان بە دەستە ، یاخود هەر خۆیان باڵادەستن بەسەر هەموو کارێکداو پەیام‌و پێغەمەری بە دەست ئەوانە •• خۆ ئەمەیش روون‌و ئاشکرایە کە پووچە ؛ چونکی خۆیان ئەزانن خەزێنەی دارایی‌و نیعمەت لای ئەوان نیەو ، تەسەڕوفاتی دنیا بە دەست ئەوان نیەو ناتوانن تنۆکێ باران لە ئاسمانەوە ببارێننە خوارەوە •

وه ئه‌گـه‌ر له‌بـه‌ر ئه‌وه‌یه بـه په‌یینجه سه‌رکه‌وتوون بۆ ئاسـمانو فه‌رمانیـان وه‌رگرتوه بۆ ئـه‌م یاخی‌بوونو لادانـه ، یا نه‌رۆیشتوون بۆ ئاسـمان به‌ڵکو غه‌یبزانن‌و له‌بـه‌ر زانیاری بـه غه‌یب ئـه‌م حاڵی خۆیانـه وه‌رئه‌گرن .. ئه‌وه خۆیان ئه‌زانن که نه رۆیشتوون بۆ ئاسمانو ، نـه غه‌یبیش ئه‌زانن . وه ئه‌گه‌ر هه‌ر مه‌به‌ستیان فرۆفێڵه با بزانن کـه ئه‌وان ده‌ره‌قه‌تی خودا نایه‌نو لـه ئه‌نجاما له‌ناوچوونو فه‌وتان بۆ ئه‌وانه . وه ئه‌گه‌ر هه‌ر به بێ به‌ڵگه‌و له‌سه‌ر شوێنکه‌وتنی کوێرانه ئه‌ڵێن فریشته‌کان کچی خودانو ئه‌وان هاوبه‌شی خودان ئه‌ڵێین : په‌نا به خودا ! خودا دوورو به‌رییه له‌و هاوڕێو هاوبه‌شانه که ئه‌وان بڕیاریان ئه‌ده‌ن .

(وَإِنْ يَرَوْا كِسْفاً مِنَ السَّمَاءِ سَاقِطاً يَقُولُوا : سَحَابٌ مَرْكُومٌ (٤٤) فَذَرْهُمْ حَتَّى يُلاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي فِيهِ يُصْعَقُونَ (٤٥) يَوْمَ لا يُغْنِي عَنْهُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئاً وَلا هُمْ يُنْصَرُونَ (٤٦) وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا عَذَاباً دُونَ ذَلِكَ ، وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ (٤٧) وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ ، فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ، وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ (٤٨) وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَإِدْبَارَ النُّجُومِ) (٤٩)

ئه‌م کافرانی قوره‌یشه ئه‌وه‌نه سه‌رسه‌ختو نه‌فامن ئه‌گه‌ر چاویان به پارچه‌یێ بکه‌وێ لـه ئاسمان داکه‌وێته خواره‌وه دڵیان لـه سزای خـودا ناترسێو ئه‌ڵێن : ئه‌و پارچه پارچه‌یێ هه‌وری سه‌ریه‌ك نیشتوه‌و ناڵێن ئه‌و پارچه پارچه‌یه‌ك سزایه‌و ، خودا قاری لێ گرتووین‌و ئه‌یخا به‌سه‌رمانا ! ده‌ی وازیان لێ بێنه هه‌تا ئه‌گه‌ن به‌و رۆژه‌یان که تیایا بێهۆش ئه‌که‌ون له

کاتی فووبەصووراکردنی یەکەمدا . یا کاتی سەرەمەرگیان ؛ کە ئەو رۆژە رۆژێکە فڕوفێڵی ئەوان سوودیان پێناداو یارمەتی نادرێن • وە بە بێ گومان ئەو کەسانە کە ستەمکارن سزایێ تریشیان هەیە لە دنیادا یا لە گۆڕا ، کەمترە لە سزای پاشەڕۆژ ، بەڵام زۆربەی ئەوان ئەمە نازانن ؛ بەڵێ بازێکیان ئەم قسەیانە بیستوە ، بەڵام لەبەر ئەوە کە دڵیان رەش‌بوەتەوە بە هۆی لاسارییەوە ئەم باسانە ناگێڕنەوە بۆ کەس •

تۆ ئەی خۆشەویست خۆت لەبەر فەرمانی خودای خۆتا بگرە کە بڕیاری داوە جارێ مۆڵەتی ئەو کافرانە بدا ؛ چونکی وای لە بەرچاوی چاودێری منداو ، تەسبیح بکە بۆ خودا لەگەڵ سوپاس‌و ستایشدا لە کاتێکدا لە خەو هەڵئەستی لە هەر شوێنێ ، یا کاتێ هەڵئەسی بۆ نوێژ ، وە لە هەندێ کاتی شەویشدا تەسبیحاتی بکە بە شەونوێژو لە پاش ئاوابوونی ئەستێرەیش لە بەرەبەیانا • واتە سونەتی پێش نوێژی بەیانی ، یاخود نوێژی فەرزی بەیانی •

ترمذی ریوایەتی کردوەو ئەفەرموێ : مەبەس لە تەسبیحی (ادبار النجوم) دوو رکاتی پێش نوێژی بەیانییەو ، مەبەس لە (ادبار السجود) دوو رکاتی دوای نوێژی مەغریبە •

سوورەتی نەجم ، لای جومهوور مەشهووره کە لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ئایەتی سی‌ودوو نەبێ ئەوە لە مەدینە هاتوەتە خوارەوە . وە بازێ فەرموویانە : هەمووی مەدینەییە .

لەگەڵ ئەوەدا بازێ لە زاناکان ئەڵێن : ئەم سوورەتە لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرێتی حمزەتدا هاتوەتەخوارەوە . جا ئەم چەمن ئایەتەی سەرەتای سوورەتەکەیان بە ئیشکال داناوە . چونکە بە ظاهیر ئەوە نیشان ئەدەن کە دوای رووداوی ئیسراو میعراج هاتبنەخوارەوە . وە لە حەقیقەتا ، وەکوو بازێ زانا ئەڵێن ، هەر ئایەتێ کە مێژووی هاتنەخوارەوەی بە روونی نەزانرابێ ئینسان ناتوانێ لەگەڵ بیری بێ تەحقیقدا بڕواو پێویستە ببرێ بۆ سەر مێژووی موناسب بۆ مەعنای ئایەتەکە . کە وابوو ئەم سوورەتە ئایەتی (٣٢)ی نەبێ هەمووی مەکییە ، بەڵام بازێکیان لە ئایەتەکانی پاش کاتی (اسرا)ن تا ئایەتی هەژدەهەم تەواو ئەبێ .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى ! (١) مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ ؛ وَمَا غَوَى (٢) وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى (٣) إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) (٤)

خودای تەعالا سوێند بە (نەجم) ئەخوا ، وە لە مەعنای نەجمدا گەلێ قسە کراوە ؛ ئاخۆ لە جینسی ئەستێرەی ئاسمانە ، یا (ثریا) ئەستێرەی (کۆ)یە ؛ چونکی عەرەبەکان بە هەڵهاتن‌و ئاوابوونیا کاتی

سەرماو گەرمای هەوایان ئەزانی • وە یا ئەستێرەی (شعرا)یە کە بەرەی خەزاعە پەرستوویانە ، یا خود مەبەس چەن ئایەتە لە قورئان کە بە جاریٚ دێنەخوارەوە ، یاخود گیای بیٚساقە لەسەر زەویدا ؟

بەهەرحاڵ • خودا بە خواستی خۆی ئەتوانیٚ بە هەر شتیٚ بیەویٚ سوێند بخوا • لە واقیعدا (مضاف محذوف)ە ، واتە : سوێند بە پەروەردگاری هەموو ئەستێرەکان ، یا ئەستێرەی کۆ ، یا شەعرا ، یا سوێند بەو کەسە لەسەر موناسەبە هەندیٚ ئایەت دەنێرێتە خوارەوە • وە ئەگەر مەبەست لە نەجم ئەستێرە بیٚ مەبەست لە (اذا هوی) ئاوابوونیانە ، وە ئەگەر ئایەتی قورئان بیٚ مەبەست هاتنەخوارەوەیانە ، وە ئەگەر مەبەست گیای بیٚ لقو پۆپ بیٚ مەبەست کەوتنو وشکبوون یا راکشانی بەسەر زەویداو سوودلیٚوەر گرتنی خەڵکە •

خودا سوێند ئەخوا بەو کەسە ئەم شتە عەجاییانەی دروستکردوە کە زانست بە تەواوی نایان دۆزێتەوەو ناگاتە تەواوی مەبەستو بنجو بناغەیان • جا سوێند بەوانە ئەخوا کە ئەم (صاحیب) دەعوەتەو ئەم پێغەمەرەی ئێوە گومرا نەبوەو گومڕا نیەو پیاوێکی هۆشیارو فامیدەو ژیرە •

هەروەها ئەو پێغەمەرە چ لە وتاری پەیوەندیدار بە بیرو باوەڕەوەو ، چ لە وتاری پەیوەندیدار بە حەڵاڵو حەرامەوە لە خۆیەوە قسە ناکاو چی ئەڵیٚ بە وەحی لە لای خوداوە بۆی دیٚو ، جوبرەئیل فێری ئەکا •

زاهیری (وما ینطق عن الهوی) هەموو وتاریٚ ئەگرێتەوە ، بەڵام بە بەڵگەی روونو ئاشکرای (عەقلیو نەقلی) تایبەت کراوە بەو وتارانەوە

پەیدوەنیان بە بیرو باوەڕو کرداری خەڵکەوەیە • جا ئەبێ حەزرەت ـ د ـ بۆ کەسبی حوکمێکی عەمەلی دینی ئیجتیهادی نەکردبێ • وە هەر ئیش و کارێکی تر وەکو کشتوکاڵو جەنگو ••• وتارێکی فەرمووبێ کە لە شێوەی (اجتهاد) ا بێ ئەوە تەنها دەربڕینی بیرو رای خۆی بوە وەکوو هەر رۆشنبیرێکی ترو ئیجتیهاد نەبوە •

جا بزانن ! لە ئایەتی : (علمه شديد القوى)وە هەتا (أفرأيتم اللات •••) بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان لەسەر ئەوە رۆیشتوون کە مەبەس لە (شديد القوى) جوبرەئیل بێ • وە ئەو (ضمير)انە کە بەرانبەری حەزرەتن هەموو ـ ضەمیری (عبده) نەبێ ـ بۆ جوبرەئیل ئەگەڕێنەوە • وە بازێ لەسەر ئەو رایەن کە (ضمیر)ەکان بۆ خودا دەگەڕێنەوە •

جا با لەسەر شێوەی یەکەم لەگەڵ ئایەتەکەدا بڕۆین :

(عَلَّمَهُ شَدِيدُ القُوى) (٥)

ئەو جوبرەئیلە کە خاوەن زانستو هێزێکی گەورەو بێ ئامانە ئەو وەحیەی بۆ پێغەمەر هێناوەو فێری کردوە •

(ذُو مِرَّةٍ)

خاوەن ئیستیقامەتەو دامەزراوو نەگۆڕاوە •

(فَاسْتَوى (٦) وَهُوَ بِالأُفُقِ الأَعْلى) (٧)

راوەستا لە سەر شێوەی واقیعی خۆی لە حاڵێکدا کە لە کەناری ئاسمانا بوو لە بەرزەوە لە لای رۆژهەڵاتەوە ؛ بە جۆرێ کە رووی ئاسمانی گرت هەتا لای رۆژاوا بە شەشسەد باڵەوەو ، حەزرەت لە (جیاد) ا بو لە نزیکی ئەشکەوتی (حرا)دا •

(ثُمَّ دَنَى فَتَدَلَّى (٨) فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى (٩) فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى) (١٠)

پاش ئەوە جوبرەئیل لە زەوی نزیك‌بوەوەو خۆی داپەڕانـد وای لێ هات‌و ئەوەندە لە پێغەمەر نزیك بوەوە كە نێوانیان بە قەد دوو كـەوان یـا كەمتر بوو ٠ كە دوو كەس بە یەكەوە دانیشتایەن‌و كەوانەكانیان لە نێوانی خۆیانا دانایێ‌و بیانگەیانایەن بەیەك ٠ لەو شوێنەدا وەحی كـرد بـۆ لای بەندەی خودا كە پێغەمەرە ئەوەی كە وەحی كرد بۆی ٠ كەخودا ئەیزانێ‌و ئێمە نایزانین ، ئەوە نەبێ كە بەسەر ئێمەیا خوێندەوە لەو كارانەی پێویستە رایان‌بگەیەنێ‌و بە ئێمەیان بلێ ٠

(مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى) (١١)

دڵی پێغەمەر درۆی نەكرد لەگەڵ چاویـا لەوەدا كـە بـە چاو بینی ٠ واتە : ئەوەی كە دڵی حەزرەت پێی زانی چاویشی هەر ئەوەی نیشـانداو ئەوەی بینی ، یانی مەعنەوییات لە پێشا دڵ پێی‌ئەزانێ ، دوایی دڵ ئەیدا بـە چاو ٠ واتە : هەرچی بە دڵ تێی‌گەیشـت هەر ئەوە بوو كە بە چاویش بینی ٠

(أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى ؟ (١٢) وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى (١٣) عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى (١٤) عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى (١٥) إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى (١٦) مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى (١٧) لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى) (١٨)

ئایا ئێوە موجادەلە لەگەڵ پێغەمەرا ئەكەن لە راستی‌و دروستی ئەوەدا كە دیویەتی‌و ئەیبینێ ؟ لەگەڵ ئەوەدا كە جارێكی دیكەیش لە داپەڕینێكی

دیکەدا لە لای (سدرة المنتهى)دا جوبرەئیلی بینی لە ژووری ئاسمانی حەوتەمەوە لەسەر شێوەی واقیعی خۆی بە شەشصەد باڵەوە ، لەو شوێنەدا کە (جنة المأوى) لەوێدایە • (جنة المأوى) ئەو بەهەشتەیە کە شوێن‌و ئارامگای هەموو موسوڵمانانە لە ڕۆژی قیامەتا ، وە یا ئەو بەشە لە بەهەشت کە شوێنی گیانی موسوڵمانانە لە کاتی مردنیانەوە تا ڕۆژی لێپرسینەوە •

حەزرەت ـ د ـ لە کاتێکا جوبرەئیلی بە چاو بینی کە داری (سدرة المنتهى)ی داگرتبو ئەوەی کە دایگرتبوو لە فریشتەکانی خودا • وە بە هۆی بینینی ئەو دارەو ئەو فریشتانەوە کە لە دەوریان چاوی پێغەمەر ـ د ـ لای نەدا بۆ تەماشاکردنی ئەم‌لاو ئەولاو ، لە کاری خۆیشی لای نەدا وەکوو چاوێ کە ماندوو ئەبێ ئیتر ئەوەستێ‌و شت نابینێ •

بە ڕاستی لەم کاتەدا پێغەمەر گەلێ نیشانەی گەورەی لەو نیشانانە دی کە بەڵگەی گەورەیی‌و هێزو تەوانای خودان • پۆل‌پۆل فریشتەی لە ئاسمانەکانا بینی • (سدرة المنتهى)ی بینی کە دارمۆردێکی گەورەی زۆر گەورەیە لە ژووری ئاسمانی حەوتەمەوە لە لای ڕاستی عەرشەوە ، وە ئەو دارە ئەوپەڕ شوێنی هاتوچۆی جوبرەئیل‌و فریشتەکانی ترە • بۆیە لە شەوی میعراجدا کاتێ جوبرەئیل لە خزمەت حەزرەتدا گەیشتنە ئەو جێگە جوبرەئیل لەوێدا وەستاو پێی بەر پێ نەناو ، حەزرەت فەرمووی : بۆ لەگەڵما سەرناکەوی ؟ ئەویش وتی : ئەگەر بە قەد سەری پەنجەیێ لەم شوێنە سەرکەوم ئەسووتێم •

وە (جنة المأوى)ی بینی‌و ، خەڵکی بەهەشت‌و نیعمەتەکانی بەهەشتی بینی • وە شێوەی ئەهلی سزای بینی ، وە ڕەفرەفی بینی کە بۆیان هێناو سواری بوو ، جا بەرزەوە بوو بۆ ئەو شوێنە کە خودا ویستی بڕوا •

جا ئەم مەعنایە بە روونی ئینسان تێئەگەیەنێ کە ئەبێ ئەم چاوپێکەوتنی حەزرەتە پاش کاتی میعراج بووبێ،چونکی خودا ئەفەرموێت:موجادەلە لەگەڵ محەمەدا مەکەن لەم دیتنی جوبرەئیلەدا لە (أفق أعلى)دا ؛ چونکی جارێ تر حەزرەتی محەمەد ـ د ـ لە لای (ســـدرة المنتهى)دا جوبرەئیلی دیوە • مانای وایە ئەو جارە لە سەردەمی میعراجدا بوە ، وە جاری دوەمیش لـــە مەکەدا هەر لە (أفق أعلى)دا جوبرەئیلی دیوە ، کاتێ حەزرەت ـ د ـ لـــە ئەشکەوتی حیرا هاتەدەرەوە • بەم جۆرە دەبێ ئەم ئایەتە دوای ئیســـراو میعراج هاتبێتە خوارەوە •

وە لەســـــەر باری دووهەم مانای ئایەتەکان ئەمەیە : ئەوەی کـــە صاحیبەکەی ئێوە ئەیڵێ وەحیەو بۆی کراوەو تێیگەیەنراوەو مانـای ئـەو وەحیەی پێوتراوە لە لای خودایەکەوە کە خاوەنی هێزو تەوانایەو خاوەن حیکمەتو ئیستیقامەتە لە کارەکانیا ، وە ئەو خودایە دەستی بەسەر جیهانا گرتوەو ئەو وا لە پلەو پایەیەکدا لەوە بالاترە عەقلی ئێمە پێی‌بگا • ئەمجار بزانن ئەو خودای تەوانایە بە جیلوەی کەرەمو ئیحسانی خۆی لە صاحیبەکەتان نزیك بوەوە وەها کە نێوانی ئەوان بە ئەندازەی دوو کەوان بوون کە بەرێنە دەم‌یەك •

جا ئەو خودایە وەحی‌کرد بۆ لای بەندەکەی خۆی ئەوەی کە خواستی وەحی بکا بۆی • وە دڵی صاحیبەکەتان درۆی نەکرد لەگەڵ ئەوەدا کە بە چاو بینی • واتە : ئەوەی کە بە دڵ تێیگەیشتو ئەوەی کە بە چاو بینی یەکێ بوون •

جا ئایا ئێوە موجادەلە لەگەڵ محەمەدا دەکەن لەو شتەدا کـە ئـەو دیویەتی ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە محەمەد جارێکی دیکە خودای دیوە کاتێ کە

محەمەد لە لای (سدرة المنتهى)دا بوو ئەو سیدرەیە کە (جنة المأوى)ی لە لادایە ، لەو کاتەدا کە سیدرەی داگیرکردبوو ئەوەی داگیری کردبوو • رە بە هیچ جۆرێ چاوی محەمەد بەملاو لادا لای نەداو ، تەجاوزی نەکرد لەو ئەندازە کە بۆی بڕیاردراوە • وە بە راستی نیشانەی گەورەی زۆر بینی لە نیشانەکانی خودا • وەکوو ئەو نیشانانە لە پێشەوە باسمان کردن •

وە تەفسیری یەکەم لەسەر ئەو بناغەیە کە پێغەمەر ـدـ خودای چاوپێ‌نەکەوتوە نە لە شەوی میعراجاو نە پێش ئەو شەوەو نە لە پاش ئەو شەوە وە ئەم بیرە بیری گەلێ لە یارانی پێغەمەرە •

وە تەفسیری دووهەم لەسەر ئەو بناغەیە کە پێغەمەر ـدـ خوای بینیوە •

من لەم شوێنەدا بۆ دەربڕینی دڵخوازی خۆم ئەنووسم :

خودا خودایە بۆ هەردوو جیهان
زانایە لە بۆ دیاریو پەنهان
ذاتی کامڵەو (منبع الاحسان)
بەسەریا نایێ خەلەلو نوقسان
قادرە لەسەر مومکینات هەموو
خواستی بوو ئەیکا بە بێ یەکو دوو
بینینی خودایش لە مومکیناتە
چ لەو بساتاو چ لەم بساتە
چون یەک حەقیقەت نابێ ئاوابێ :
ئیستە مەحاڵو ، ئەوسا رەوا بێ
ئەگەر مانیعیش ضیعفی ئینسانە
قووەت‌پێدانی گەلێ ئاسانە

مانیعی عادییش نابێ بـــە مانیــع
بــە ئیستیدلالی بورهــانی لامیع
کـە وابوو مادام ثابتــە خەبـەر
لەسەر بینینی بۆ خودای ئەکبەر
شوبهە نامێنێ بۆ مەردی هۆشیار
رەهبەر بینیویە خالیقی موختار
قیاسی غائیب لـــە ذاتی شاهید
کەس نایکا مەگەر بوجەهلی جامید
نابینی ئیسراو میعراجی رەهبەر
بە یاسای عادەت بۆت ناچێتە سەر
هەروا روئیەتیش بە وێنەی حەیات
وەکــوو کــەلام‌و ماباقــی صــیفات
هەرکامیان بگری بە یاسای مەشهوود
سەرگەردان ئەبی‌و ناگەی بە مەقسوود
دەی وا باوەڕت هــەیە بــەوانە
روئیەتی خودایش وەهــا بزانــە
مادام خەبەری موسنەد مەوجوودە
روئیەتی خودا بۆ ئەو مەشهوودە
بە (تاج الاصول) یا (فتح الباری)
مەرهەم ئەهێنی بۆ زامی کاری
بەش بە حاڵی خۆم وەها ئەزانم
وا داوا ئەکا وەزعی ئیمانم :
هەرچۆن کە بیستی حەزرەتی کەلیم
کــەلامی زاتی حەزرەتی کــەریم
یانــی بێ جیهەت لــە هــەموو لاوە
لە لای شەجەرەی طووری سیناوە

وەهـا محەممەد (ختم المرسلين)
بـە چاو بینیویە (رب العالمين)
(نامی) وا ئەڵێ بە بێ (لیت)و (لو)
ئەمە خەڵاتە لـە بۆ زاتی ئەو
ڕەبی پرتـەوێ لـە نووری لیقا
بدە بە دڵمان بە فەناو بەقا !
لادە لە دڵمان پەردەی پڕ حیجاب
تا نایل بێ بە نووری صەواب
نوورێکی وەها کاشیف بێ بۆ دڵ
ببێ بە حەللال بۆ گرێی موشکڵ
مونـەووەر بکا دەماخی سەرمان
ببێ بە سورمە لە بۆ بەصەرمان
هـەتا ببینین ڕێگـەی سەلامەت
بە سەریا بڕۆین بە ئیستیقامەت
تاج ئەڵێ وایە عەقیدەی جومهوور
ئیتر مەپرسە لە بیری مەهجوور

* * *

(أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى(١٩) وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى ؟ (٢٠) أَلَكُمُ الذَّكَرُ ، وَلَهُ الأُنْثَى ؟!(٢١) تِلْكَ إِذاً قِسْمَةٌ ضِيزَى! (٢٢) إِنْ هِيَ إِلاَّ أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ . مَا أَنْزَلَ اللهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ . إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنْفُسُ . وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مِنْ رَبِّهِمُ الْهُدَى) (٢٣)

ئادەی هەواڵم بدەنێ ئایا (لات)و (عوززا)و (مەنات) ، کە سێهەمی ئەو بتانەیەو لەوان دواکەوتوە ، قابیلیەتی ئەوەیان هەیە کە ئێوە بەندەییان

بۆ بکەن ؟ وە ئایا ئێوە ئەی عەرەبی قورەیش شیاوی ئەوەن کـە نەرەی تێرینە بەشی ئێوە بێ‌و هەر بۆ ئێوە بێ هەتا بڵێن : فریشتەکان کچی خودان‌و ، ئەم بتانە هەر یەکەیان ژنێکی جنی وا لە پێخەکەیاو ، ئەو کچانەیش هـەم کچی خودان ؟! پەنا بە خودا ئەگەر بەش‌و بەشکردن وەهابێ ! ئەم بەشکردنە بەشکردنی دوور لە عەدالەت‌و ناڕەوایە •

ئەم بتانە ئەوە نەبێ کە چەن ناوێکن ئێوە داتان‌ناون‌و بڕیارتان‌داون‌و کردووتانن بە ناو بۆ ئەو دارو بەردانە هیچی دیکە نین • ئەمانە کە ئێوە ئاوا ڕێزتان بۆ داناون‌و کردووتانن بە خودای سەر زەوی هیچ نین‌و هـەر ئەوەن کە باوك‌و باپیرەکانتان ناویان لێ ناون بێ ئەوەی خودا هیچ بەڵگەیەکی ناردبێ بۆ ئێوە لەسەر ئەوە کـە ئەم بتانە هیچ بایەخ‌و نرخێکی واقیعییان بێ • وە ئەو باوك‌و باپیرەیشتانە هەر ئەوەیە شوێن گومانێکی دوور لـە ڕاستی کەوتوون‌و ، شوێن شـتێ کەوتوون کـە نەفسی ناتەواو ئارەزووی ئەکا ، کەچی لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە ڕەفتاریانە لە لایەنی خودای خۆیانەوە قورئانێکیان بۆ هاتوە کـە ئەبێ بـە هـۆی شارەزایی‌و ڕێگەدەرکردن بۆ مەبەستی بەکەڵك ، کە خوداناسی‌و بەندەیی‌کردنی پاك‌و ڕاستە بۆ خودا •

بزانن ! لات بتی هۆزی (ثەقیف)و ، عوززا بتی قورەیش‌و بەنی‌کەنانە بوەو ، (مەنات) بتی بەنی‌هیلال بوە • وە (هشـام) ئـەڵێ : مەنات بتی قەبیلەی هوذەیل‌و خوزاعە بوە • جا حەزرەت ـدـ لە ساڵی فەتحی مەکەی موکەڕڕەمەدا عەلی کوڕی ئەبوطالیبی نارد ئەو بتەی ڕووخاند ، پاش ئەوە چوون لاتیان کرد بە بتی خۆیان لە (طائیف)دا وە لات بەردێکی چوارگۆشە بوەو خزمەتکارەکانیان لـە ثەقیف بوون‌و خانوویان لەسـەر کردنەوەو ، قورەیش‌و عـەرەبەکانی دیکـە ڕێزیان لێ‌ئەگرت ، وە لـە شوێنی منارەی

مزگەوتەکەی طائیفدا بوە هەتا حەزرەت موغیرەی کوڕی شوعبەی نارد ڕووخاندیو سووتاندی •

(أَمْ لِلإنسَانِ ما تَمَنَّى ؟ (٢٤) فَلِلَّهِ الآخِرَةُ والأولى (٢٥) وكَمْ مِنْ مَلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لاتُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئاً الاَّ مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ الله لِمَنْ يَشاءُ ويَرْضى ! (٢٦) إنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ المَلائِكَةَ تَسْمِيَةَ الأُنثى!(٢٧) وما لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ ، إنْ يَتَّبِعُونَ إلاَّ الظَّنَّ ، وإنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الحَقِّ شَيْئاً (٢٨) فَأَعْرِضْ عَنْ مَنْ تَوَلَّى عَنْ ذِكْرِنَا ولَمْ يُرِدْ إلاَّ الحَيَاةَ الدُّنْيَا (٢٩) ذلِكَ مَبْلَغُهُمْ مِنَ العِلْمِ ، إنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ ، وهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى) (٣٠)

یا خەیر ئەو کافرانە وا ئەزانن کە ئادەمیزاد هەرچی ئارەزوو بکاو بیەوێ بۆی هەیەو ، بە خواستی خۆیان هاوڕێ بڕیار ئەدەنو فریشتەو بتەکان بۆ خودا دائەنێن بە بێ فامو هۆشو بە بێ بەڵگەیەکی رووناك ! حاشا وا نیە ، خودا پاشایەو دارایەو لە هەموو غەیری خۆی بێ نیازە ، وە دنیاو قیامەتو سەرەتاو کۆتایی کائینات وا لەبەر هێزی تەوانایی خوداداو ، بە بێ فەرمانی خودا هیچ ناکرێ • وە گەلێ فریشتە هان لە ئاسمانەکانا کە تکاکردنی ئەوان هیچ سوودێ بە کەس ناگەیەنێ مەگەر لە پاش ئەوە کە خودا رێگەی تکاکردن بدا بۆ کەسێ کە خۆی ئەیەوێ •

وە ئەوانە کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ نیەو هەست بە لێپرسینەوە ناکەن فریشتەکان بە مێینە ناوئەبەنو بە کچی خودایان دائەنێن ، وە لەم بابەتەوە

هیچ زانستێکیان نیە ، بەس دووی گومان ئەکەونو گومانیش هەرگیز کەس بێ نیاز ناکا لە یەقین • وە هەزار گومان بە بەڵگەیەکی راستو رووبەڕوو بەرباد ئەبێ • دەی تۆ ئەی خۆشەویست وازبێنەو خۆت لادە لە رێنومایی ئەوانە کە بە تەواوی پشتیان لە زیکرو یادی ئێمە هەڵکردوەو ، جگە لە ژیوارو ژیانی دنیا هیچی تریان مەبەست نیە • ئەوانە ژیانی دنیا دواپلەیە کە زانستیان پێی گەیشتوەو ، بێگومان خودای تۆ لە هەموو کەس زاناترە بەو کەسانە کە گومڕا بوونو رێگەی خوداناسییان ونکردوە • وە ئەو زاناترە بەو کەسانەیش کە هیدایەتدراونو رێگەی رزگاری پێداون •

(وَلِلّٰهِ ما فِي السَّمَاواتِ ومَا فِي الأَرْضِ ، لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَساؤُا بِمَا عَمِلُوا ، ويَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بالْحُسْنَى (٣١) الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الإِثمِ والفَوَاحِشَ ، إِلاَّ اللَّمَمَ ، إِنَّ رَبَّكَ واسِعُ المَغْفِرَةِ ، هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ ، وإِذْ أَنْتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ ، فَلا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى) (٣٢)

بۆ خودایە بە موڵکایەتیو بە تەسەڕوف هەرچی وا لە ئاسمانەکاناو وا لە زەویداو ، هەر ئەو فەرماندەرو خاوەن یاسای ئایینە • جا با ئادەمیزاد رێگەی خۆیان بگرنو رەفتار بکەن چۆن خۆیان بۆ خۆیانی هەڵئەبژێرن ، تا خودا تۆڵە لەوانە بکاتەوە کە خراپە ئەکەنو پاداشی ئەوانەیش بداتەوە کە چاکە ئەکەن •

ئەو کەسانە کەنار ئەگرنو خۆیان لە گوناهە گەورەکان ئەپارێزن وەکوو : هاوبەش بۆ خودا دانانو ، کوشتنی بێتاوانو ، داگیرکردنیماڵو

دارایی بێدەستان ••• وە خۆیان لــە کاری نابارو بێناموسی دەپارێزن جارێ لە جاران نەبێ بە قەزاو قەدەر لێیبقەومێو دواییش نەگەڕێتەوە بۆ سەری •• ئەوە بێگومان خودا دائیرەی تاوانبەخشی بۆ ئەوانە گوشادە • جا خودا خۆی لە ئێوە باشتر ئاگاداری کردارو کارتانەو لە خۆتان باشترتان دەناسێ • لەو کاتەوە لــە زەوی دروستی کردوون بــە یاسای دامەزراوی خۆی ، وە لەو کاتەوە ئێوە بەچکە بوون لە سکی دایکتانا ، ئیتر خۆتان بە پاك دامەنێن ، خودا زاناترە بەوانە خاوەن تەقوان •

بێداربن ! لەفزی (کبائر الاثم) لەم ئایەتەدا بریتییە لەوە کە هەڕەشەی تایبەتی لەسەر کرابێ ، وە بەم مەعنا (فواحش) ئەگرێتەوە ، بەڵام لەبەر زیادەگرنگیپێدان تەصریحی پێ کراوە ؛ چونکی فەواحیش بریتییە لــە تاوانی بێناموسیی •

وە (لەمەم) بەوە تەفسیرکراوەتەوە کە بە قەزا جارێ لە جاران کرابێو دوایی تەرككرابێ • وە لەسەر ئــەم تەفسیرە (استثناء) بــە (الا اللمم) (استثنای) موتتەصیلە ، واتە : تاوانبارە نابارەکان بێجگە لەوانە جارێ بە قەزا لێیان قەوماوە ، ئەوە خودا تاوانبەخشی بۆ ئەوانە گوشادە •

وە بازێ (لەمەم)یان بە تاوانە بچووکەکان مانا لێداوەتەوە ، وەکوو تەماشایێ بۆ ژنی بێگانەو ، پاشملەدوینو ، جنێوو ••• بەڵام من ئەو مانەم لەلا دوور بوو بۆیە پشتگوێم خست •

(أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى (٣٣) وَأَعْطَى قَلِيلاً وَأَكْدَى ؟ (٣٤) أَعِنْدَهُ عِلْمُ الغَيْبِ فَهُوَ يَرَى ؟ (٣٥) أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى (٣٦) وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى ؟ (٣٧) أَلاَّ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى (٣٨) وَأَنْ لَيْسَ لِلإِنْسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى (٣٩)

وَاَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرى (٤٠) ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الأَوْفى (٤١)
وَاَنَّ اِلى رَبِّكَ الْمُنْتَهى (٤٢) وَاَنَّهُ هُوَ اَضْحَكَ وَاَبْكى (٤٣)
وَاَنَّهُ هُوَ اَماتَ وَاَحْيا (٤٤) وَاَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ
وَالأُنْثى (٤٥) مِنْ نُطْفَةٍ اِذا تُمْنى (٤٦) وَاَنَّ عَلَيْهِ النَّشْاَةَ
الاُخْرى (٤٧) وَاَنَّهُ هُوَ اَغْنى وَاَقْنى (٤٨) وَاَنَّهُ هُوَ رَبُّ
الشِّعْرى (٤٩) وَاَنَّهُ اَهْلَكَ عاداً الاُولى (٥٠) وَثَمُودَ فَما اَبْقى (٥١)
وَقَوْمَ نُوحٍ مِنْ قَبْلُ ، اِنَّهُمْ كانُوا هُمْ اَظْلَمَ وَاَطْغى (٥٢)
وَالمُؤْتَفِكَةَ اَهْوى(٥٣)فَغَشّاها ما غَشّى (٥٤) فَبِاَيِّ آلاءِ رَبِّكَ
تَتَمارى ؟) (٥٥)

فەرموودەی خودا : (افرایت الذی تولی ۰۰۰)

ئـەم ئایـەتانە دەربارەی وەلیدی کوڕی موغیـرە هاتنـەخوارەوە ۰ جاربەجارێ ئەکەوتە شوێنی پێغەمەر ـدـ ، جا یەکێ لە کافرەکان رەخنەی لێ‌گرت‌و پێی‌وت : عەیب ناکەی واز لە ئایینی باوك‌و باپیرەی خۆت دێنی‌و بـە گومڕایان دائەنێی‌و شوێن محەمەد ئەکەوی ؟! ئەویش وتی : من لـە سزای خودا ئەترسم ۰ کابرایش پێی‌وت : هەر گوناهێکت لەسەرە من هەڵی ئەگرم بە مەرجێ بازێ ماڵم پێ‌بدەی ۰ ئەویش بەمە رازی بوو ، پاشگەز بوەوە لە ئایینی ئیسلام‌و چوەوە سەر دینەکەی پێشووی ، بەڵام مەرجەکەی بەجێ‌هێناو کەمێ لە ماڵی خۆی ئەدا بە کابرا ۰

جا خودا ئەفەرموێت : ئا هەواڵم پێ‌بدە لە حاڵی ئەو کابرایە کە پشتی لـە تۆ هەڵکردو گەڕایەوە بۆ لای کافرەکان‌و ، کەمێ دارایی خۆی دا بـە کەفارەتی گوناهەکانیاو ئەو دواکەی نەدا ؟ ئایا زانیاری غەیب ئەزانێ‌و ، بە

دڵ ئەزانێ یا بە چاو ئەڕوانێ کە یەکێ تاوانی یەکێ تر هەڵئەگرێ ؟ یاخود ئاگادار نەکراوە بەو یاسایە کە لە تەوراتی مووسای کوڕی عیمراندا نووسراوە ، یا لە صەحیفەکانی ئیبراهیمی بەوەفادا هەیە ، کە هیچ باربەرێ لە باری خۆی زیاتر هەڵناگرێو ، هەر کەس کۆڵی خۆی وا بە کۆڵیەوە ، وە ئینسان بە یاسای دادگەری هەر ئەوەی بۆ هەیە کە بە تێکۆشانی خۆی چنگ خۆی خستبێو کردبێتیو ، لەوە بەولاوە هەر شتێکی بۆ دەس بدا لە پایەو مایە بە میهرەبانی خودایەو ، ئەو هەوڵو کۆششەیش لەمەولا ئەبینرێو دەست ئەکەوێو لە پاشان بە گوێرەی ئەو کۆششە پاداشی ئەدرێتەوەو ، لەسەر نیەتو قەصدی خۆی پاداشی ئەدرێتەوە لە لای خوداوە بە پاداشێکی زۆر رەساو ، گەڕانەوەی هەموو کەس بۆ لای پەروەردگارە ؟

وە ئایا نازانێ کە هەر خودایە دڵ خۆش ئەکاو ئینسان دێنێتە پێکەنینو ، هەر خودایە دڵ دێشێنێو ئینسان دێنێتە گریانو ، هەر خودایە لە پاش زیندوێتی ئینسان ئەمرێنێو لە پاشەڕۆژدا زیندووی ئەکاتەوەو ، هەر خودایە لە نەبوونەوە ژنو مێردی دروست کردوە بۆ ئەوە زاوزێ بکەنو بە هۆی تۆوێکەوە کە لە لای مێردەوە ئەڕواتە منداڵدانی ژنەوە نەتەوە پەیدا ببێ ، وە هەر ئەو خودایە کە دروستکردنی یەکەمی داناوەو گیانلەبەرانی لە نەبوونەوە هێناوەو ، دروستکردنی دووهەمیش هەر لەسەر ئەوەو ، ئەو گیانلەبەران زیندووئەکاتەوە بۆ لێپرسینەوەی پاشەڕۆژو بۆ وەرگرتنی پاداشو تۆڵەی چاکەو خراپە بە دۆزەخو بەهەشتو ، هەر خودایە کە ئینسان دەوڵەمەند ئەکاو داراو خاوەن دەستی دەکا ، وە یا ئینسان بە ئەندازەی پێویست ئەژێنێو بەشی خۆی ماڵی پێ ئەداو زیادەی ناداتێ ، وە هەر ئەو خودای پەروەردگارە دروستکەری ئەستێرەی گەورەی (شعری)یە کە ناوئەبرێ بە : (عبور)و لە (غمیصاء) رووناکترە ؟؟

لە حاشیەی (جمل)داو لە شەرحی قامووسیشدا ئەفەرموون : (شیعرا) دوو ئەستێرەن یەکێکیان ناوی (شعری العبور)ە کە ئەوە مەبەستە لە ئایەتەکەداو ، هۆزی خوزاعە ئەیانپەرست • وە (ابو کبشة) کە یەکێ لە گەورەکانیان بوو بەندەیی ئەو ئەستێرەی بۆ دامەزراندن ؛ ئەیوت : هەموو ئەستێرەیێ ئاسمان بە باری پاناییدا دەبڕێ بەڵام شیعرا بە باری درێژاییدا دەیبڕێو ، لە هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان جیاوازە ، مانای وایە گەورەو بە دەستەڵاتە • وە ئەو ئەستێرەکەیان ناوی (غمیصاء)ەو ، بە ئەفسانەی عەرەب ئەڵێن : ئەم دوو ئەستێرە خوشکی (سوەیل) بوونو (عبور) ڕۆیشتوەو (غمیصا)ی بەجێهێشتوەو ئەمیش ئەوەندە گریاوە چاوی کزبــوە • وە ئەم (شعری العبور)ە لە پاش (جەوزاء) لە کاتی تینی گەرمادا دەردەچێ • وە پێی دەڵێن : شیعرای یەمانی ؛ چونکی لە جەنووبەوە دەرئەکەوێ •

(ریاضیە)کانی ئیمرۆ ئەڵێن : شیعرا ملیۆنێ جار لە ڕۆژ گەورەترەو ، گەلێ لە ڕۆژەوە دوورە بۆیە وەکوو ڕۆژ پڕتەوی ناگاتە سەرزەوی •

وە ئایا نازانن‌و نەیانبیستوە کە گەلی عادی یەکەم لەسەر بێ‌ئەدەبی‌و تاوانباری خۆیان لە وڵاتی (ئەحقاف) لە نزیکی (یەمەن)دا بە بایەکی بە تین لەناوبران ؟ وە نازانن کە عادی دووهەم ، کە بە گەلی ثەموود ناسراون ، لە بەشی عادن‌و لە پاش لەناوچوونی عاد کۆچیان کرد بۆ شیمالی جەزیرەو لە

نزیکی (ئەردەن)دا دانیشتن‌و ، خودا صاڵحی بۆ ناردن‌و ئینکاریان کردو ، خودا ئەوانیشی لەناوبردو ئەو پایەو مایەو هێزو قەرەباڵغیەی بەربادکردن‌و نەیهێشتنەوە ؟

وە نازانــن گەلی نووح لە عیراقدا لە نێوان موصڵ‌و بابلدا کە لە پێش عادو ثەموودا بوون •• ئەوانیشمان لەناوبرد ؟ چونکی ستەمکار بوون‌و

زۆر لە سنووری دین دەرچووبوونو ، لـە ڕێگە لایاندابوو ، حەزرەتی نووح نزیکی هەزار ساڵ ڕێنومایی کردنو ئەوان هیچیان لێ وەرنەگرتو زۆر ئازاریان دا ، هەتا دۆعای لێکردنو خودا بە لافاو خنکاندنیو بەربادی کردن •

وە ئایا نازانن وڵاتی (لوط) کە بە (مؤتفکه) ناسراون خودا فڕەیدایە خوارەوە ؟ واتە : ئەو وڵاتەی لە شوێنی خۆیا بەرزکردەوەو هەڵی گێڕایەوەو دایەوە بـە زەویدا ! جا ئـەو وڵاتەی داگیرکرد ئەوەی داگیری کرد لـە بەردو خاكو خۆڵ •

وا ئەگێڕنەوە : کـە خودای تەعـالا ئـەو وڵاتەی بـە بوومەلـەرزەو بورکانێکی توند لە جێگەی خۆی هەڵکەندو بەرزیکردەوە بۆ ئاسمانو لەوێوە هەڵیگێڕایەوەو دایەوە بە زەویدا ! وە پاش ئەوەیش بەردەبارانی کردن • جا ئیتر ئەی ئادەمیزادی سەرسەخت لە چ بەڵگەو ئایەتێکی توانایی خودادا گومانت هەیەو ، لە کام نیعمەتی خودادا موجادەلە ئەکەیت ؟

خـودایێ وابێ هێـزو تـەواناێ
بە حەق بێپەرسە تۆ ئەگەر داناێ

بزانن ! ظاهیری ئایەتی : (وان لیس للانسان الا ما سعی) ئەوەیە کە کەس سوودێ وەرناگرێ لە کردەوەو کۆششی خۆی نەبێ ، یا کردەوەی کەسێ کە وەکوو خۆی وابێ ، وەکوو وەکیلێ لە خێرو چاکەدا ، یا کوڕێکی کـە چاکەی بۆ بکا ، یا قوتابییەکی کـە چاکەی پێنیشاندابێو خوێندنی فێرکردبێو ئەویش خەڵك فێر بکا ، وەکوو ئەو حەدیثە کە حەزرەت ـدـ فەرموویەتی : (اذا مات ابن آدم انقطع عمله الا عن ثلاث •••)

وە زاناکان لەم ئایەتەدا گەلێ وەڵامیان داوەتەوە :

یەکەم : فەرموویانە : ئــەم ئایەتە باسی شەریعەتی زەمانی حــەزرەتی ئیبراهیم ئــەکاو شەریعەتی ئێمە واسیعترە • واتــە : کەڵك لــە کردەوەی خۆیشمانو خەڵکیش وەرئەگرین •

دوەم : ئــەم ئایەتە بەیانی یاسای عەدل ئەکا • واتە بــە یاسای عەدل هەرکەسێ کەڵك لە کردەوەی خۆی وەرئەگرێ ، بەڵام خودا یاسای فەضلی هەیە کە لەسەر ئەو یاسایە لەوانەیە ئینسان سوود لە خێرو چاکەی غەیری خۆی وەربگرێ •

سێهەم : ئەم ئایەتە مەخصووصە ، واتە : هەرچەند ظاهیرەکەی ئەمەیە کــە لــە غەیری خۆی کەڵك وەرنەگرێ ، بەڵام چەند مادە هــەن لــەمە جیاکراونەتەوە :

أ ــ دۆعای غەیری خۆی لە موسوڵمانان • بە ئیجماع دۆعای خێر سوودی هەیە بۆ ئەو کەسە دۆعای بۆ ئەکرێ ؛ خوا لە کاتی ژیانا وەکوو حەزرەت ـدـ کاتێ عومەری کوڕی خــەطابی نارد بۆ حەج فــەرمووی : (لا تنسنا من دعائك یا اُخيّ !)وە عومــەر فەرمووی : ئــەم کەلیمەی حەزرەتە کەلیمەیەکە حەز ناکەم بە هەموو دنیای بگۆڕمەوە • وە یاخود لە پاش مردن بێ ، وەکوو خودا بە زمانی حەزرەتی ئیبراهیمەوە ئەگێڕێتەوە . (ربنــا اغفر لي ولوالدي وللمؤمنين يوم يقــوم الحساب) • وە تاریفی موسوڵمانانی چینی دوای ئەصحابە ئەکا بەوە کە فەرموویەتی : (والذين جــاؤا من بعــدهم يقولون : ربنــا اغفــر لنــا ولاخواننــا الذين ســبقونا بالايمان •••) • وە نوێژی جەنازە کە فەرزی کیفایەیە لەو دۆعایانەیە کە قازانجی بۆ مردووەکان هەیە •

هەروا دۆعای مەلائیکە بۆ موسوڵمانانو داوای لێخۆشبوونیان بۆ ئەهلی زەوی کە لە قورئانی پیرۆزدایە •

ب ـ شه‌فاعه‌تی حه‌زره‌ت ـدـ بۆ خـه‌ڵکی مه‌وقیفی کۆمـه‌ڵگا لـه پاشه‌ڕۆژا بۆ ئه‌وه که زوو حسابیان بکرێ ، ئه‌مجار بۆ ده‌رکردنی بازێ تاوانبار له ئاگری دۆزه‌خ ، دوایی بۆ خه‌ڵکی به‌هه‌شت بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی پایه‌یان .

ج ـ موسوڵمانی مردوو خێری ده‌ست ئه‌که‌وێ به هۆی هه‌رکه‌سێکه‌وه که خێرو چاکه‌ی بۆ بکا ، به تایبه‌تی له لایه‌نی خزمانی خۆیه‌وه به گوێره‌ی فه‌رمایشتی پێغه‌مه‌رو ئیجماعی موسوڵمانان .

د ـ به گوێره‌ی فه‌رمایشتی پێغه‌مه‌ر حه‌جی فه‌رز له کۆڵی ئینسان ئه‌که‌وێ ئه‌گه‌ر یه‌کێ له خزمه‌کانی خۆی حه‌جه‌که‌ی بۆ بکا .

هـ ـ حه‌جی مه‌نذوور یا ڕۆژووی مه‌نذوور له پاش ئه‌وه که ئـه‌و که‌سه نه‌ذره‌که‌ی کردوه بمرێ .. ئه‌گه‌ر یه‌کێ تر بۆی بکا به گوێره‌ی فه‌رمووده‌ی پێغـه‌مه‌ر ـدـ دروسته . دیاره ئـه‌مه‌یش سووده‌رگرتنه لـه کرده‌وه‌ی خه‌ڵك .

و ـ هه‌ر قه‌رزارێ له ژیانیا یا له پاش مردنی هه‌رکه‌سێ قه‌رزه‌که‌ی بۆ بداته‌وه قه‌رزه‌که له‌سه‌ر قه‌رزاره‌که ئه‌که‌وێ . ئه‌مه‌یش که‌ڵك‌وه‌رگرتن له کرده‌وه‌ی غه‌یره .

ز ـ مردوویه‌کی قـه‌رزاریان دانا ، حـه‌زره‌ت فـه‌رمووی : نوێژی له‌سه‌ر ناکـه‌م تا قـه‌رزه‌که‌ی نه‌درێته‌وه ؛ جا ئه‌بو قـه‌تاده قه‌رزه‌که‌ی بۆ دایه‌وه ، ئه‌وسا پێغه‌مه‌ر ـدـ نوێژه‌که‌ی به‌سه‌ره‌وه کرد . وه له ریوایه‌تێکی تردا حه‌زره‌تی عه‌لی قه‌رزه‌که‌ی دایه‌وه .

ح ـ هەرکەسێ حەقی خەڵکی لەسەر بێ هەرکاتێ ئەو کەسەیان ئازاد کرد ئەم کەسە ئازاد ئەبێ •

ط ـ دراوسێی باش‌و چاك مادام کردەوەی چاك بێ ئینسان سوودی لێ وەرئەگرێ •

بەم بەڵگانەو بە گەلێ بەڵگەی تر پێویستە ئەو ئایەتە یا بەس باسی قانوونی عەدل بکا • وە یا ئەگەر هەموو یاسای دین بێ پێویستە بڵێیت : ئەو ئایەتە مەخصووصە بەم ماددانەو ، لە واقیعا گەلێ کەس ئەبن بە هۆی خێرو چاکە بۆ گەلێ کەس وەك خودا لە ئایەتی سی‌و سێی سوورەتی ئەنفالا ئەفەرموێ : (وما کان الله لیعذبهم وانت فیهم) •

(هَذَا نَذِيرٌ مِنَ النُّذُرِ الأُولَى (٥٦) أَزِفَتِ الآزِفَةُ (٥٧) لَيْسَ لَهَا مِنْ دُونِ اللهِ كَاشِفَةٌ (٥٨) أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ؟ (٥٩) وَتَضْحَكُونَ وَلا تَبْكُونَ (٦٠) وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ ؟ (٦١) فَاسْجُدُوا لِلّهِ وَاعْبُدُوا) (٦٢)

ئەم قورئانە پیرۆزە ، یا ئەم پێغەمەرە رابەرە ، عالەم ترسێنێکە وەکوو کەلامەکانی پێغەمەرەکانی پێشوو ، یا وەکوو نەفسی پێغەمەرە پێشووەکان • وە رۆژی دوایی نزیك بوەتەوە • وە رەوانەکردنی پێغەمەری ئاخرزەمان وەکوو محەمەد ـدـ یەکێکە لە نیشانەکانی ، وە غەیری خودا کەس کەشفی موصیبەتەکانی ناکات ، بەڵێ خودا خواستی لێ‌بێت بە ئاسانی دێت‌و ئەڕوات • جا ئایا ئێوە لەم قورئانە سەرسام ئەبن‌و پێ‌ئەکەنن‌و ناگرین‌و ئەوەندە بێ‌هۆش‌و خامۆشن گەورەیی‌و نرخی ئەم قورئانە نازانن ؟ دەی سوجدە بۆ خودا ببەن‌و بەندەیی بۆ بکەن •

ئەگێڕنەوە لـە ئیبنو عەباسـەوە ـخ‌ـ فەرموویەتی : حەزرەت ـدـ دوای ئـەم ئایەتی سەجدەیە سەجدەی بردو [هەرچیش لـە لایابوو] لـە موسوڵمانو کافرو جینو ئینس هەموو سەجدەیان برد لەگەڵیا •

تەفسیری سوورەتی (نەجم)م تەواوکرد لە ڕۆژی سێشەنبەی ٢٩ی (ربیع الثانی)ی ١٣٩٩ی کۆچی لـە حوجـرەی دەرسوتنەوەی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا •

عبدالکریم محمد المدرس

سوورەتی (قەمەر) لــە سوورەتە مەکەییەکانە ، ئایاتەکانی ٤٤و ٤٥و ٤٦ نەبێ ، پەنجاو پێنج ئایەتە ، دوای سوورەتی (طارق) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ ، وانْشَقَّ القَمَرُ (١) وإنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا ويَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ (٢) وكَذَّبُوا واتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ وكُلُّ أَمْرٍ مُسْتَقِرٌّ (٣) ولَقَدْ جاءَهُمْ مِنَ الأَنْبَاءِ ما فِيهِ مُزْدَجَرٌ (٤) حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَما تُغْنِ النُّذُرُ (٥) فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلى شَيْءٍ نُكُرٍ (٦) خُشَّعاً أَبْصارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الأَجْداثِ كَأَنَّهُمْ جَرادٌ مُنْتَشِرٌ (٧) مُهْطِعِينَ إِلى الدَّاعِ ،يَقولُ الكَافِرُونَ : هَذا يَوْمٌ عَسِرٌ !) (٨)

واتە : هەتنی کاتی تایبەتی بۆ تێکچوونی ئەم دنیاو دەرکەوتنی جیهانێکی تازەی نەبڕاوەی هەتاهەتایی نزیکەوە بوە ، وە مانگ لەت بوو بە داواکردنی پێغەمەری ئاخرزەمان بۆ ئیقنـاعی ئەوانەی داوای موعجیزەی ئاسمانییان کرد . وە ئەم کافرە سەرسەختانە ئەگەر چاویان بە کارەساتێ بکەوێ کـە نیشانەی تەوانایی خودا بێتو راستی رەهبەری دین دەربخا .. باوەڕی پێ ناکەنو لێی لائەدەنو پشتی تێئەکەنو ، لەخۆیانەوە ئەڵێن : ئـەم جۆرە کارە جادووگەریو چاوبەستێکەو هەمیشە لە جیهانا بوەو ئەبێ ! وە ئـەو

کافرانه پێغەمەریان بەدرۆخستەوەو باوەڕیان بەوە نەکرد کــە ئەو لەتبوونی مانگە موعجیزەیەکی خودایی بێ‌و ، شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتن لــە بتپەرستی‌و ، مەستی‌و ، سەربەستیدا • بـەڵام تۆ گوێ بــە ئینکارەکەیان مەدە ، هەموو کارو بارێ جێگەی خۆی ئەگرێ‌و ، ئەم ڕێنومایی تۆو ئــەو سەرسەختی ئەوانە ئەنجامیان دەرئەکەوێ •

وە ئەو کافرانە لە هەواڵی گەلە پێشوەکان کە بە هۆی لادانیانەوە لــە ڕاستی بەربادکران‌و لەناوبران •• ئەوەندەیان بۆ هات کــە ببێ بــە هۆی پەندو ئامۆژگاری‌و ، بە بیستنی ئەوانە لە سزای خودا بترسن‌و لە خراپە دووربکەونەوە • وە بــە ڕاستی قورئانی پیرۆز خاوەن پــەندو دەرزێکە لەوپەڕ پایەی بەرزی ئامۆژگاریدایە ، وە چونکە ئەوان پەند وەرناگرن ئیتر سوودێ لــە ترساندنی ئەوانەدا نیــە • جـا تۆ وازیان لێبێنــەو ، پشتیان لێهەڵبکەو سەر مەنێ سەریان • وە بیر لەو ڕۆژە بکەرەوە کە فریشتەی بانگکەر لــە گیانلەبەران بانگیان ئەکا بۆ شتێك کە بــە لایانەوە ناباره ؛ وەکوو لێپرسینەوەو کێشانەی کارو کردەوەیان بێ . لەو کاتەدا ئەو کافرانە چاوشۆڕو سەرکزو داماون‌و ، لە گۆڕەکانیان دەرئەچن بەو دەنگە کە بانگیان ئــەکا کــە دەنگی بۆڕی (صــور)ە کــە فووی پیائــەکرێ‌و ، شێوەی دەرچوونەکەیان ئەڵێی کوللەی بڵاوەبوە ، بە پەلە بەرەو دەنگەکە دەڕۆن ، لەو کاتەدا کافرەکان ئەڵێن : ئیمڕۆ ڕۆژێکی سەختە •

خەڵکی مەکە وایان ئەزانی پێغەمەر هەر موعجیزەیەکیان پیشان ئەدا لــە جادوو بەولاوە نیە • جا داوای موعجیزەیەکی ئاسمانییان لــە پێغەمەر کــرد ــدــ دوایی ڕێکــەوتن لەســەر ئــەوەی موعجیزەکەیان لــە مانگــدا دەربکەوێ • وە لە ناو خۆیانا شەوێکیان بڕیارداو گردبوونەوە ، کە ئــەو

کاتە هات حەزرەت فەرمووی : بڕوانن جا هەموویان تەماشایان کردو چاویان کەوت بە مانگ بوو بە دوو پارچەوەو هەرکام لەوانە بە تەنها مایەوە • جا حەزرەت ـدـ فەرمووی : تەماشا بکەن ، کە ئەو کارەساتەیان دی وتیان : بە ڕاستی محەمەد جادووی لە ئاسمانیش کرد ! (ان هذا الا سحر مستمر) •

(كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ . فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا . وَقَالُوا : مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ (٩) فَدَعَا رَبَّهُ : انّي مَغْلُوبٌ فَانْتَصِرْ (١٠) فَفَتَحْنَا اَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ (١١) وَفَجَّرْنَا الأَرْضَ عُيُوناً . فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى اَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (١٢) وَحَمَلْنَاهُ عَلى ذَاتِ اَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ (١٣) تَجْرِي بِاَعْيُنِنَا . جَزَاءً لِمَنْ كَانَ كُفِرَ (١٤) وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَــةً . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟ (١٥) فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ؟ (١٦) وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟) (١٧)

واتە : لە پێش ئەماندا گەلی نووح ـ نووحیان بەدرۆخستەوە ، هاتن ئەو بەندە پاکە دڵسۆزەی ئێمە کە نووح بوو بەدرۆیانخستەوەو ، وتیان : شێتەو ، مەنعکرا لە گەیاندنی دین بە ئەنواعی مەنع • نووحیش لە پاش ئەو مەنعە لە خودا پاڕایەوەو ، وتی : خودایە من مەغلووبو ناتەوانم بە دەست ئەوانەوە ، تۆ حەقم بسێنەو یارمەتیم بدە ! ئێمەیش هاتین دەرگای ئاسمانمان لەسەر کردنەوە بۆ داڕژاندنی بارانی خورزمو ئاوی بەخوڕ هاتەخوارەوەو ، سەرچاوەکانی زەویشم تەقاندو ئاوم لێهەڵقوڵاندن • جا ئاوی ئاسمانو زەوی لـە هەموو لایەکەوە یەکانگیر بوون بـەو شێوە خـودا دابنابوو و بڕیاری دابوو ، وە نووحمان بەسەر چەن تەختەو بزمارێکەوە هەڵگرت •

واتە : لە ناو ئەو کەشتیەدا کە بە تەختەو بزمار دروستکرابوو • وە ئەو کەشتیە بەسەر ئاودا ئەڕۆیشت بە چاودێری ئێمە ، تا ببێ بە هۆی رزگاری موسوڵمانەکانو خنکاندنی کافرەکان ، لەبەر جەزادانەوەی ئەوانە کە کوفری خودا ئەکەن ، وە ئەو کەشتیمانە کرد بە نیشانە لەسەر تەواناییی خۆمان ئایا کەسێ هەیە کە بیر بکاتەوە ؟ ئایا سزاو تۆڵەی ئێمە چۆن بوو بۆ ئەو کەسانە کە سەرپێچییان لە فەرمانی ئێمە کرد •

وە ئێمە قورئانمان ئاسانکردوە بۆ خوێندنەوەو ، لە خوێندنەوەیدا پەندو دەرزی زۆر هەیە ، جا ئایا کەسێ هەیە پەند لەم قورئانە وەربگرێ ؟

(كَذَّبَتْ عادٌ فَكَيْفَ كانَ عَذابِي ونُذُرِ؟ (١٨) إِنّا أَرْسَلْنا عَلَيْهِمْ رِيحاً صَرْصَراً فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُسْتَمِرٍّ(١٩) تَنْزِعُ النّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجازُ نَخْلٍ مُنْقَعِرٍ (٢٠) فَكَيْفَ كانَ عَذابِي وَنُذُرِ ؟ (٢١) ولَقَدْ يَسَّرْنَا القُرْآنَ لِلذِّكْرِ . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟) (٢٢)

هۆزی عاد هوودیان بەدرۆخستەوە ، جا بزانە سزاو ترساندنی من بۆ ئەوان چلۆن بوو ؟ بە راستی ئێمە بایەکی توندو سەختمان نارده سەریان لە رۆژێکی شوومی ناپیرۆزا ، وە ئەو شوومییەی درێژەی کێشا هەتا ئەو هۆزەی لەناوبرد • ئەو بایە ئەوەندە بەهێز بوو زەلامی هەڵئەگرتو فڕەی ئەدا وەك چۆن بنە دارخورمای هەڵکەنراو فڕە بدرێ ! جا بڕوانن بزانن سزاو ترساندنی من بۆ ئەوان چۆن بوو ؟ وە ئێمە قورئانمان ئامادە کردوە بۆ خوێندنەوەیو بیرکردنەوە لە مەعنایا ، ئایا کەسێ هەیە بیر بکاتەوە ؟

(كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ (٢٣) فَقالُوا : أَبَشَراً مِنّا واحِداً نَتَّبِعُهُ ؟ إِنّا إِذاً لَفِي ضَلالٍ وسُعُرٍ ! (٢٤) أَأُلْقِيَ الذِّكْرُ

عَلَيْهِ مِنْ بَيْنِنَا ؟ بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ ! (٢٥) سَيَعْلَمُونَ غَداً مَنِ الْكَذَّابُ الأَشِرُ ! (٢٦) إِنَّا مُرْسِلُوا النَّاقَةِ فِتْنَةً لَهُمْ ، فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ (٢٧) وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُحْتَضَرٌ (٢٨) فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ ، فَتَعَاطَى فَعَقَرَ (٢٩) فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ؟ (٣٠) إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً . فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ (٣١) وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟) (٣٢)

هۆزی ثەموود باوەڕیان بە ترساندن نەکردو بـە درۆیان دانا ، وە صالحیان بەدرۆخستەوەو وتیان :ئێمە چۆن ئەکەوینە شوێن تاقە زەلامێ ؟ ئەگەر ئێمە کاری وا بکەین دیارە واین لە گومڕاهیدا ! ئایا لەناو ئێمەدا بە تەنها وەحی بۆ ئەو هاتوەتە خوارەوە ؟ شتی وا نابێ ، بەڵکو ئەو زەلامێکی زۆر درۆزنەو بایی‌و هەوابازە . ئەوان داوای وشترێکیان کـرد کـە لـە شوێنێکی دیاریدا کە ئەوان بۆی ئەچوون بۆ سەیران لە بەردێ دەری‌بکەین .. بۆمان دەرکردن‌و کردمان بە هۆی تاقیکردنەوەو گیرۆدەبوونی ئەوان . جا ئەی صالح خۆت بگرەو چاوەڕوان بەو ، هەواڵ بە گەلەکەت بدە کە : ئەو ئاوە لە لایانا هەیە لە نێوانیانا بەش‌کراوە ؛ رۆژێ بۆ وشترەکەو ، رۆژێ بۆ ئاژەڵەکەی ئەوان . وە لە هەر جارێکـدا ئەبێ خاوەن نۆبە حازر بێ تا کەس ستەم لە کەس نەکا .

ئەوانیش چـەن رۆژێ بـەم یاسا دەوامیان کرد ، لـە ئەنجاما تووڕە بوونو ، پیاوێکیان لە خۆیان بانگ‌کرد بۆ کوشتنی ئەو وشترە ، ئەویش

قسەکەی وەرگرت‌و وشترەکەی پەی‌کرد • جا بزانن سزاو ترساندنی من چۆنە ؟ ئێمە یەك دەنگی سامناك‌و بەهێزمان ناردە سەریان ، کە ئەو دەنگە گەیشتە سەریان ئەو گەلەی کرد بە پووشی خاوەن ئاژەڵێ کە پووش لە (پەچە)دا هەڵبگرێ • بە راستی ئەم قورئانی ئێمە ئامادەیە بۆ ناوی خوداو بۆ یادی خودا ، ئایا کەس هەیە بیر بکاتەوە ؟

(كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ (٣٣) إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا ـ إِلَّا آلَ لُوطٍ ـ نَجَّيْنَاهُمْ بِسَحَرٍ (٣٤) نِعْمَةً مِنْ عِنْدِنَا . كَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ شَكَرَ (٣٥) وَلَقَدْ أَنْذَرَهُمْ بَطْشَتَنَا . فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ (٣٦) وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَنْ ضَيْفِهِ . فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ ، فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٧) وَلَقَدْ صَبَّحَهُمْ بُكْرَةً عَذَابٌ مُسْتَقِرٌّ (٣٨) فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٩) وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟) (٤٠)

وە گەلی لووطیش باوەڕیان بەو ترساندنە نەکرد کە لووط ترساندنی پێی . جا ئێمەیش قارمان‌لێ‌گرتن‌و ، بایەکی وەهامان ناردەسەریان بەردی هەڵئەگرت‌و ئەیباران بەسەریانا ـ ماڵ‌و منداڵەکەی لووط نەبێ ، ئەوانمان بەیانی زوو دەرکردو لەو بەردبارانەمان رزگار کردن • ئەمەیش نیعمەت‌و میهرەبانی بوو دەرباری ئەوانەمان کرد ، ئاوەها بەو شێوە پاداشی ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە سوپاسگوزاری ئێمەن • وە بە راستی لووط گەلەکەی خۆی لە هەڵمەتی قاری ئێمە ترسان ، کەچی ئەوان لە قاری ئێمە کەوتنە گومانەوە • ئەو گەلە هاتوچۆی زۆریان کرد لەگەڵ لووطا لە بارەی میوانەکانیەوەو

ویستیان بە بێشەرمی دەستیان بۆ بەرنو کردەوەی بەدیان لەگەڵدا بکەن ! منیش رووناکی چاویانم هەڵگرتو کوێراییم داهێنان ، دەی سا بچێژن سزاو ترساندنی من ، بە راستی سزای ئێمە لە بەرەبەیاندا دای بە سەریانا بەڵام سزایەکی جێگرو دامەزراوو کوشندە ! دەی سزاو ترساندنی من بچێژن • وە بە راستی ئێمە قورئانمان ئامادەکردوە بۆ ئەوە ببێ بە هۆی ناوبردنی خودا بە خودابەیەکناسیو یادکردنی خودا بۆ فەرمانبەریی لە بەندەییدا ، جا ئایا کەسێ هەیە بیر بکاتەوە ؟

(وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ (٤١) كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا . فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُقْتَدِرٍ) (٤٢)

بە راستی ترساندنی من هات بۆ لای گەلی فیرعەونو بۆ فیرعەون پەرستەکانو ، ئەوانیش هەموو ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆخستەوە . جا ئێمەیش ئەوانمان گرت وەکوو گرتنی گەورەیەکی خاوەن دەستەڵاتی وا کە هەرگیز نەشکێو کەس بەرانبەری نەکا •

(أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِنْ أُولَئِكُمْ ؟ أَمْ لَكُمْ بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ ؟ (٤٣) أَمْ يَقُولُونَ : نَحْنُ جَمِيعٌ مُنْتَصِرٌ ؟ (٤٤) سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ (٤٥) بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ . وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ) (٤٦)

جا ئەی گەلی عەرەبی مەکە ، ئایا کافرەکانتان باشترن لە رەوشتاو ، بەهێزترن لە دارایيداو ، بە دەستەڵاتترن لە سوپادا لە هۆزەکانی دەوری نووحو ، عادو ، ثەموودو ، گەلەکانی دیکە هەتا ئێمە دەستان بۆ نەبەین ؟ یا خەیر نامەی رزگاریتان لە ئاسمانەوە وەرگرتوە ؟ یان ئەڵێن : ئێمە

کۆمەڵێکی هاوبیرو کارو کردەوەین‌و هەمیشە سەرکەوتوو ئەبین ؟ بزانن ! لەمەولا ئەو کۆمەڵە ئێوە پێیان ئەنازن ئەشکێن‌و پشت‌هەڵئەکەن‌و رائەکەن • جا هەر سزای دنیایشیان نابێ‌و بەس ، بەڵکو کاتی تۆڵەسەندنەوەو سزایان پاشەڕۆژەو پاشەڕۆژ بەڵایەکی گەورەو کاتێکی تووش‌و سەخت‌و تاڵەو ، لە هەموو سزایەك نابارترە •

لە ئیبن‌و عەباس دەگێڕنەوە کە پێغەمەر لە رۆژی جەنگی (بەدر)دا لە خێوەتێکدا بوو فەرمووی : خودایە داوات لێ ئەکەم ئەو بەڵێنە بەجێ بێنی کە داوتە بۆ سەرخستنی موسوڵمانان‌و ئەو بەڵێنە کە داوتە بۆ دامەزراندنی ئایینی ئیسلام بەجێی بێنە • خودایە ئەگەر ئیمڕۆ کۆمەڵی موسوڵمانان بەرباد بکەی ئیتر کەس نات‌پەرستێ‌و بەندەییت بۆ ناکرێ • جا ئەبوبەکری صدیق دەستی موبارەکی حەزرەتی گرت‌و عەرزی‌کرد : بەستە ئەی پێغەمەری خودا زۆر ئیلحاحت کرد لەسەر خوداو بە گەرمی داوات لێ‌کرد •

حەزرەت لەو کاتەدا جل‌وبەرگی جەنگی لەبەردا بوو ، جا حەزرەت لە شوێنەکەی خۆی دەرچوو ئەیفەرموو : (سیهزم الجمع ویولون الدبر !) •

(إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ (٤٧) يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ : ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ ! (٤٨) إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ (٤٩) وَمَا أَمْرُنَا إِلَّا وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ (٥٠) وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا أَشْيَاعَكُمْ . فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ ؟ (٥١) وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ (٥٢) وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُسْتَطَرٌ (٥٣) إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (٥٤) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ) (٥٥)

بێگومان ئەو تاوانبارانە وان لە ناو گومڕاهیو نەفامیدا لە دنیاداو لە پاشەڕۆژیشدا وان لە ناو ئاگری بڵێسەداری دۆزەخدا • وە لەو ڕۆژەدا کە لـە ناو ئاگری دۆزەخدا لەپەوڕوو بەسـەر دەموچاودا ڕائەکێشرێن پێیان ئـەوترێ : بچێژن گـەرمی دۆزەخ ، کـە پـەیدا ئەبێ لـە بەیەکگەیشتنی ئاگرەکەییو پێستی لەشدا • بێگومان ئێمـە هەموو شتێکمان لـە سـەر زانیاریو بڕیاری خۆمانو لە سەر حیکمەت دروستکردوە • واتە : ئێمە بەهەشتمان دروستکـردوە بۆ ئـەهلی طاعـەتو ، دۆزەخیش بۆ لارانو نافەرمانان ، جینو ئادەمیزادمان بۆ بەندەییکردن دروستکردوەو ، عەقڵم پێـداون بۆ فامینو ، بۆ دۆزینـەوەی ڕێگـەی پیرۆزی ، وە ڕەهبەریشم ڕەوانەکردوە بۆ ئامۆژگارییان لە بەر ئەوەی بیانوویان نەمێنێو • موعجیزاتیان پیشانداون تا گومانیان نەمێنێو بەهانەی نافەرمانییان نەبێ •

وە پاشەڕۆژ دێنمەپێشەوە بۆ ئەوە هەرکەسێ بە پاداشی خۆی بگا ، وە بەجێهاتنو هـاتنی پاشەڕۆژو کاتی تۆڵەو پاداش ئەوەندەی ئیشارەیەك بەچاوو چاوترووکاندنێکەو بەس • وە لەم لایشەوە گەلێ هاوونەی ئێوەم لە نافەرمانان لەناوبردوە ، جا ئایا ژیرێ هەیە بیرێ بکاتەوە ؟

وە هەرچی ئـەو کافرانە کردوویانە هەمووی وا لـە دەفتەراو تۆمار کراوەو کەمو زۆر لە ئێمە ون نابێو لەوانیش ناشاررێتەوە ، هەمووی بـە شایەتو بەڵگەوە لـە کاتی خۆیا دێتـەجێو ، ئەندامەکانی لـەشی خۆیان شایەتییان لێ ئەدەنو ، گەورەو بچووکی کردەوەیان نووسراوە •

وە بێگومـان خـاوەن پارێزو ترسـەکانیش وان لـە ناو باخو ئاوو چەشمەسارا ، لە جێگەدانیشتنێکی دیاریدا ، لە شوێنی ڕەزامەندی پاشای کائیناتی خاوەن دەستەڵاتا •

خودایە بە میهرەبانی خۆت بەهەشت بکەی بە جێگەمان !

سوورەتی (الرحمان) لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، حەفتاو هەشت ئایەتە ، دوای سوورەتی (رەعد) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(الرَّحْمَانُ (١) عَلَّمَ الْقُرْآنَ (٢) خَلَقَ الإِنْسَانَ (٣) عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (٤) الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ (٥) وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ (٦) وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا . وَوَضَعَ الْمِيزَانَ (٧) أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ (٨) وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ .وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ) (٩)

واتـە : ئـەو پەروەردگاری جیهـانە کـە یەکێ لـە ناوە جوانەکانی (رحمان)ەو مەعناکەی ئەوەیە کە خودا خاوەن نیعمەت‌و میهرەبانە .. بۆ دەربڕینی میهرەبانی‌و کەرەمی خۆی لە هۆشیارانی جیهان قورئانی پیرۆزی فێری پێغەمەری خۆی کرد ، بۆ ئەوە ئەو مەعنایە وا لەو قورئانە خاوەن مەعنا بێ کۆتاییەدا بگات بە دڵی موسوڵمانان ، وە تێبکۆشن لەوەدا کە ئادەمیزاد ئەبێ صیفەتی وابێ رەفتار بکا بەو قورئانە ، وە هەر وەکوو قورئانی فێری حەزرەت کـرد کـە یەکەم نیعمەتە لـە جیهـانا ئادەمیزادیشی دروست‌کردو لەفزگەلێکی وای فێرکرد کە بتوانێ بە هۆی ئەوانەوە چی وا لە دڵیدا دەری ببڕێ‌و ، بە ئاسانی مەبەستی خۆی رابگەیەنێ .

وە پاش ئەوە کە بۆمان دەرکەوت فێربوونی قورئان زۆر گەورەیەو ئادەمیزادیش تەشریف‌کراوە بـە فێرکردنی بەیان ، کە بـە لەفزو وشەگەلی جوان‌و رەوان بەیانی ئـەو نیعمەتانە ئەکا کـە ئادەمیزاد بێ ئەوانە ژیوار ناکـا •• وە فـەرمووی : مانگ‌و رۆژ ، کـە دوو ئەستێرەی گەورەن • بەئاسمانەوە خاوەن حسێب‌و ، خاوەن پایەو مایەو میزانێ وانە ئەگەر ئەوان نـەبن ئادەمیزاد ژیوار ناکـاو ، کاتی دین‌و دینداری دەرناکەوێ • وە لـە بەرانبەری ئەو دوو نیعمەتە ئاسمانییەوە دوو نیعمەتی زەمینیش بەیان ئەکا • کە (نجم)و (شجر)ن ، واتە : گیای بێ ساق ؛ وەکوو : پەتیینەو • گیای ساقدار ؛ وەکوو : گەنم‌و ، جۆو ، زەڕرات بە هەموو بەشێکەوە •

وە ئەم چوار مەخلووقە بناغەی ژیانی ئادەمیزاد تەواو ئەکەن ؛ هەرچی گیا لە زەویدا هەیەو ئادەمیزاد ژیواریان پێ ئەکا ، ساقدارن یا بێ ساق ، پێویستیان بە تاوی رۆژو مانگ هەیە •

جا خـودا فـەرمووی : خـودا ئاسـمانی بەرزکردوەتەوە بۆ دەوام‌و هەڵسووڕانی ئـەم کەوکەبانە ، وە میزانیشی داناوە بۆ هـەموو کەوکەبی ئاسمانی لە میقداری وجوودا‌و ، لە جووڵاندا لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا یا بـە پێچەوانەوەو ، لـە مەداردا ، لـە : توندی‌و بێ هێزی هاتوچۆی ئـەو ئەستێرانەدا •

وە یاخود مەبەست دانانی ترازووی (عەدل)ە لە هەموو شتێکداو ، لە هەموو شوێنێکداو ، لە هەموو کاتێکدا • واتە : بە گوێرەی خواستی خۆی هەر زاتێکی بە جۆرە صیفەتێکەوە داناوەو بە هەموو شتێك حەقی خـۆی پێداوە هـەتا کارو باری ژیان‌و زیندووبوونەوەو کاتی ژیان‌و پاش مردن رێك‌و لەبار بێ • وە هەرکەسێ بـە ئارەزووی خۆی تەماشای ئـەو

ترازوو نەکا ئەوە خۆی سەرگەردان کردوە • وەکوو خودا خۆی فەرمووی : خودا ئاسمانی بەرزکردوەتەوەو ترازووی داناوە بۆ ئەوە کە ئێوە ـ ئەی هۆشیاران ـ بایی نەبن‌و لە سنوور دەرنەچن‌و ئاگاداری ئەو ترازوە بکەن •

چۆن حەق وەرئەگری وەهایش حەق بدە
لە باتی جنێوێ دوو جنێو مەدە
تۆ کەس مەکوژە با کەس نەتکوژێ
خوێنت بە دەشتا بەتاڵ نەڕژێ
چاو هەڵمەبێنە بۆ ناموسی کەس
تا بۆ ناموست کەس نەبێنێ دەس
نانی کەس مەبڕە تا نەبڕێ نانت
مەشکێنە شانێ تا نەشکێ شانت
دڵسۆزی خەڵکی دڵسۆزی خۆتی
ئاگات لەوان بێ بێ‌کەس ناسووتی
میزان ئەمەیە بە گوێرەی قورئان
قورئان میزانە بۆ دین‌و ویجدان

جا لەبەر ئەوە کە چاودێری کێشانە لە موعامەلاتا بەشێکی گەورەیە لە چاودێری میزانی عام خودا فەرموویە : ئەی ئادەمیزاد کێشانەی شت‌و مەك بە راست رابگرن نەك راستی بە تەبیعەت بەڵکو راستی بە عەدالەت‌و هەرگیز زیان بە میزان مەگەیێنن •

ئەوەی غەش ئەکا بە وەزنی کیلۆ
چاوی دێتە ژان ئەخرێتە مێلۆ
ئەو مێلۆ چارەو تۆڵەی دنیایە
صەد یەکی تۆڵەی (دار البقا)یە
ئیتر بۆ کەسێ کە خاوەن فامە
کەلامێکی حەق (حسن الختام)ە

(والأرضَ وضعَها لِلأنامِ (١٠) فيها فاكِهةٌ والنخلُ ذاتُ الأكمامِ (١١) والحبُّ ذو العصفِ والريحانُ (١٢) فبأيِّ آلاءِ ربِّكما تكذِّبانِ ؟) (١٣)

خودا ئـەم زەوییە پانو درێژەی داناوە بۆ هـەموو گیانلەبەرێ بـە تایبەتی بۆ ئادەمیزاد تیا هەیە ؛ میوە بۆ تەڕەخۆریو ، دارخورمای خاوەن (کەمامە) ـ گۆپکە ـی تیایە کە ئەبێ بە شوێنی خورما ، وە لـە زەویدا دانەی خاوەن کا هەیە وەکوو گەنمو جۆ ، تا (کا)کەی بۆ ئاژەڵو (کۆ)کەی بۆ ئادەمیزاد بـەکاربێت • وە دانـەی بێنـدار وەکـوو گوڵاڵەکانی باخو گوڵزار ، جا ئیتر کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودا بـە درۆ ئەزانن‌و بـە درۆی ئەخەنەوە ؟

تەکذیبی لەفزو مەعنای قورئانی
یاخود تەکذیبی لەهجەی بەیانی ؟
تەکذیبی رۆژو مانگو ئەستێرە
کە عالەم لەبەر پرتەویان تێرە ؟
تەکـذیبی عـەدلو میزانی دادی
یاخود تەکذیبی زەوی گوشادی ؟
تەکذیبی قووتو ژیواری پەرداخ
یاخود تەکذیبی رێحان بۆ دەماخ ؟

(خلقَ الإنسانَ من صلصالٍ كالفخّارِ (١٤) وخلقَ الجانَّ من مارجٍ من نارٍ (١٥) فبأيِّ آلاءِ ربِّكما تكذِّبانِ ؟ (١٦) ربُّ المشرقينِ وربُّ المغربينِ (١٧) فبأيِّ آلاءِ ربِّكما تكذِّبانِ ؟) (١٨)

خودا ئادەمی لـە قوڕێکی وشکەوەبووی وەکوو سواڵەت دروست کردوەو ، (جان)ی ، کە باوکی نەوعی جینە ، لە ئاگرێکی پاکو پوختەی بێ دووکەڵ دروستکردوە • وە هـەر وەکوو ئادەمی دروستکرد ، جۆرەها نیعمەتی مادیو مەعنەوی پێداوەو ، بـە ئامادەکراوی بۆ گەلێ فەضائیل رازاندوویەتیەوە •

هەروا (جان)ی دروستکردوەو پلەپلە بەرزی کردوەتەوە لە کەمالاتا بە پێی نەوعی خۆی ؛ چونکی (فطور) نیە بۆ خەلقی خودا • جا ئێوە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودا بەدرۆئەخەنەوە ؟

وە خودا خاوەنی دوو خۆرهەڵاتو دوو خۆرنشینە لە هەموو وڵاتێکا ؛ خۆرهەڵاتی سەرەتای زستان کە رۆژ ئەکەوێتە ئەوپەڕەوە لە (خەتیئیستیوا) لە جەنووبی مەسکوونەی کیشوەری عیراقەوە هەڵدێ • وە خۆرهەڵاتی سەرەتای هاوین ، کـە لەسـەر مەداری (سەرەطان)ەو ئەوپەڕ دەرەجەی نزیکی ئەوە لە راسەری ئێمەوە لە عیراق بە مەسافەی دوازدە دەرەجە یا کەمترە • وە لە رۆژەکانی دیکەی ساڵدا لە نێوانی ئەم دوو خاڵەدا هەڵدێ • وە خودا خاوەنی دوو خۆرنشینە لە هەموو وڵاتێکدا بەرابەر بە دوو نوختەی خۆرهەڵات ، وە بە درێژایی رۆژگار بەم جۆرە لە وڵاتی ئێمەدا هەڵدێو ئاوا دەبـێ • وە لـە وڵاتی حیجازا کـە جێگـەی داپـەڕینـی وەحـی ئاسمانەو بە هۆی ئەم دوو خۆرهەڵاتو خۆرنشینەو مابەینەکانیانەوە وەرز ئەگۆڕێو کارو باری ژیوارو کشتوکاڵو ئیشو کار جێبەجێ ئەبێ • جا ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خودا بەدرۆ ئەخەنەوەو باوەڕتان پێی نیە ؟

(مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (١٩) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لا يَبْغِيَانِ (٢٠) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٢١) يَخْرُجُ

مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ (٢٢) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ؟ (٢٣) وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنْشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلامِ (٢٤) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ؟ (٢٥)

خودا ئەو خودایە کە دوو دەریا بەرەلا ئەکا ، هەر یەکێ لە لایەکەوە تا ئەگەن بە یەك ، وە ئەو دوو دەریا لە سیفاتی شیرینیو سوێریدا جیاوازن لەگەڵ ئەوەدا خودا بەردە لە نێوانیانا دائەنێ ، هیچ کام لەوانە ناچێ بەسەر ئەوی تراو ، ئاوە شیرینەکە سوێر نابێو ، سوێرەکە شیرین نابێ • ئیتر ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خودا بەدرۆئەخەنەوەو باوەڕی پێ ناکەن ؟ وە لوئلوءو مەرجان لە هەردو دەریاکەوە دەرئەچێ • جا ئێوە کام لە نیعمەتەکانی خودا بەدرۆئەخەنەوەو باوەڕی پێ ناکەن ؟ وە بۆ خودا هەیە کەشتی ڕەوان لە دەریادا بە بەرزی وەکوو کێو وەهان • جا بەکام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودا باوەڕ ناکەن ؟

بزانن ! زانایانی تەفسیر (بەحرەین)یان بە دەریای فارسو دەریای ڕۆم مانا لێداوەتەوە ، لەسەر ڕێبازی کۆن ، کە لە نزیکی (باب المندب) لە جەنووبی یەمەنەوە ئەگەن بە یەك • وە لە واقیعا مەرج نیە کە مەبەست ئەو دوو دەریایە بێو ، ڕاست ئەوەیە کە خودا بەیانی هێزی خۆی ئەکاو ئەفەرموێت : خودا ئەوەندە تەوانایە دوو دەریای گەورە ، یا دوو ڕوبار ئەگەیەنێ بە یەك لەگەڵ ئەوەدا هیچ کام لەوانە لە صیفەتی تایبەتی خۆی ناشۆرێتەوە ، شیرین بێ یا سوێر •

وە بازێ لوئلوء بە دوڕی گەورەو ، مەرجان بە دوڕی بچووك مانا لێئەدەنەوە • وە بازێ تر دەڵێن : مەرجان دوڕێکی سووربامە لە دەریا دەرئەچێ • وە هەندێ ئەڵێن : لوئلوء هەر لە دەریای سوێر دەرئەچێ •

بەڵام زانایانی دوایی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە دورو مەرجان هەردوکیان لە دەریای سوێرو شیرین پەیدا ئەبن •

بە هەرحاڵ خودا بەیانی تەوانایی خۆی ئەکا کە نایەڵێ ئاوی سوێرو شیرین تێکەڵ بین • وە بەیانی نیعمەتی خۆی ئەکا کـە ئەو دورو مەرجانە جوانانە لـەو دەریایانە دەرئەکا بۆ ئەوە ئێوە بەکاریان بێنن و ، خۆتان یا ژناتتان بەو دورانە جوان بکەن •

(كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (٢٦) وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ (٢٧) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟) (٢٨)

ئەی ئادەمیزاد ! ئەم جیهانی ئەمڕۆ ماڵی هەمیشەیی کەس نیەو هەرکەس بەسەر ئـەم زەوییەوەیە هەموویان لـەناو ئەچن و لەخودا بەولاوە کـەس نامێنێتەوە ، ئەو خودایە کە خاوەنی بێ باکی و بێ نیازی و ، خاوەنی نیعمەتی گشتییە • ئیتر بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودا باوەڕتان نیە ؟

(يَسْأَلُهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ • كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ (٢٩) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟) (٣٠)

هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا هەموو داوای نیعمەت و رەحمەت و کردنەوەی گرێ و لادانی ئازار ••• لە خودا ئەکەن • وە خودا هەمیشە لە جێبەجێکردنی کارێ لەو کارانەدایە کە کاتی خۆی بڕیاری داون • واتە : خودا هەر لە سەرەتاوە هەرچی ویستوە ئیرادەی کردوە ، وە هەر کارێ لە داهاتوودا دەکرێ و دێتە جێگە هەمووی جێبەجێکردنی ئەو ئیرادە کۆنەیە کە کردوویەتی • (ما شاء الله كان وما لم يشأ لم يكن) •

خــودا ئــەزەلیو لایــەزالییە
لــە وێنــەو میشـال موتەعالییە
عیلمی ئــەو جامی جیهاننومایــە
وێنەی مەوجوودی هەموو تێدایە
ئەوەی لە عیلما مورادە بۆ ئەو
لە پاش ئیرادە دێتە بەر پرتەو
یانی دێتــە روو لــە ناو جیهانا
چ بــە دیاری چ لــە پەنهانا
(شأن) بە مانا تەنفیذی حەقە
(هو فی شأن)وا موحــەقــەقە

(سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَا الثَّقَلَانِ (٣١) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٣٢) يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ تَنْفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانْفُذُوا ! لَا تَنْفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ (٣٣) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٣٤) يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِنْ نَارٍ . وَنُحَاسٌ فَلَا تَنْتَصِرَانِ (٣٥) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟) (٣٦)

خودا لــە مەقامی هەڕەشەکردن لــە پەریو ئادەمیزادا ، بــە یاسای تەشبیهـ بە کەسێ بیەوێ سزای گەلێ بداو بۆ هەل بگەڕێ ئەفەرموێ : ئەی پــەریو ئادەمیزاد بۆ فــەرمانبەری ناکەنو بۆچی باوەڕ ناکــەن ؟ بێگومان لەمەولا دەستمان خاڵی ئەبێ بۆتان • واتــە : وادەی سزاتان لــە دۆزەخدا دێت • ئیتر بــە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ کــە من ئیستە ئەتوانم سزاتان بدەم کەچی دوای ئەخەم بۆ پاشەڕۆژ •

وە بە هەڕەشە ئەفەرموێت : ئەی کۆمەڵی پەری‌و ئادەمیزاد ! ئەگەر ئەتوانن دەرچن لە ئەطرافی ئاسمانەکان‌و زەوی‌و خۆتان لە دەست من رزگار بکەن فەرموون بڕۆن ! بەڵام ناتوانن دەرچن بە هێزێکی لە یاسا بەدەر نەبێ زوو دەرتان بکا ، ئەنا بڵێسەیێ لە ئاگرو مسی تواوەتان بۆ رەوانە ئەکرێ کە بە تەواوی بتان‌سووتێنێ •

وە لە فەرزێکدا ئەو هێزەیشتان دەست‌کەوێ‌و لەو سنووره دەرچن خۆ لە سنووری دەستەڵاتی من دەرناچن‌و ، لە هەر لایێ بین هەر موڵکی منەو جێگەی دەستەڵاتی منە • جا من لەگەڵ ئەم هەموو نافەرمانی ئێوەدا هەر ئامۆژگاریتان ئەکەم • ئیتر بە چی نیعمەتێ لە نیعمەتەکانی من باوەڕ ناکەن ؟

(فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ (٣٧) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٣٨) فَيَوْمَئِذٍ لا يُسْأَلُ عَنْ ذَنبِهِ إِنسٌ وَلا جَانٌّ (٣٩)فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟(٤٠) يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ . فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ (٤١) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٤٢) هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ (٤٣).يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ(٤٤)فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟) (٤٥)

کاتێ جیهانمان وێران کردو ئاسمان لەت بوو رەنگی وەکوو رۆنی گەرمکراوی تواوە ، یا وەکوو چەرمی سوور ـ سوور ئەبێ • دەی بە کام نیعمەتی ئەو خودا کە ئەوەندە خاوەن دەستەڵاتە باوەڕ ناکەن ؟ ئا لەو رۆژەدا کە ئاسمان کەرت ئەبێ‌و رەنگی ئەگۆڕێ‌و سوورهەڵئەگەڕێ ••

لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێ لە جین‌و ئادەمیزاد پرسیاری لێ ناکرێ لەو تاوانەی کردوویەتی ؛ چونکە هەموو کارو کردەوەیەك دەرکەوتووە ، هەرکەس تاوانی خۆی زانیوە • دەی کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی خودا بە درۆ ئەزانن‌و باوەڕی پێ ناکەن ؟ وە لەو ڕۆژەدا تاوانبارەکان بە نیشانەی دەم‌و چاوو دیمەنیاندا دەناسرێنەوە ، جا تووکی سەرو پێیان ئەگیرێ‌و ڕائەکێشرێن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ‌و پێیان ئەوترێ : ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە کاتی خۆی تاوانبارەکان لە دنیادا باوەڕیان پێ نەدەکرد • وە تاوانبارەکان لە نێوان ئاگرو ئاوێکی زۆر گەرمدا ئەسووڕێنەوە • واتە : ماوەیێ بە ئاگر سزا ئەدرێن‌و ماوەیێ بە ئاوی زۆر گەرم کە ئەکرێ بەسەریانا • پەنا بە خودا ! جا بە لە نیعمەتەکانی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟

(وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ (٤٦) فَبِأَيِّ آلاءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٤٧) ذَوَاتَا أَفْنَانٍ (٤٨) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ؟ (٤٩) فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ (٥٠) فَبِأَيِّ آلاءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٥١) فِيهِمَا مِنْ كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ (٥٢)
فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٥٣) مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ
بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ (٥٤) فَبِأَيِّ
آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٥٥) فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ
يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ (٥٦) فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا
تُكَذِّبَانِ ؟ (٥٧) كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ (٥٨) فَبِأَيِّ آلاءِ
رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٥٩) هَلْ جَزَاءُ الإِحْسَانِ إِلا الإِحْسَانُ ؟ (٦٠)
فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟) (٦١)

وه هه‌یه بۆ ئه‌و که‌سه که ئه‌ترسێ له گه‌وره‌یی خوداو ، له ئاگاداری ئه‌و به‌سه‌ر تاوانی به‌نده‌کانیدا دوو به‌هه‌شت ، دوو باخو سه‌را ؛ یه‌کێکیان له‌سه‌ر ئه‌وه هه‌رچی فه‌رمانیان پێدراوه بیکه‌ن کردوویانه ، ئه‌وی دیکه‌یشیان له‌سه‌ر ئه‌وه هه‌رچی وتراوه مه‌یکه‌ن نه‌یانکردوه • یاخود یه‌کێکیان له‌سه‌ر بیرو باوه‌ڕی باش‌و ، یه‌کێکیان له‌سه‌ر کرده‌وه‌ی باش • ئیتر به کام نیعمه‌ت له نیعمه‌ته‌کانی خودای خۆتان باوه‌ڕ ناکه‌ن ؟

پێغه‌مه‌ر فه‌رموویه‌تی : دوو به‌هه‌شتی وا که قاپ‌و قاچاخ‌و ئه‌وه‌ی وا له‌ناویانا هه‌مووی له زیوه • وه دوو به‌هه‌شت که قاپ‌و قاچاخ‌و ئه‌وه‌ی وا له‌ناویانا له ئاڵتوونه • وه نیه له ناو ئه‌وان‌و ته‌ماشاکردنی زاتی خودادا ئیللا په‌رده‌ی گه‌وره‌یی نه‌بێ له‌سه‌ر زاتی ئه‌و له‌و به‌هه‌شتی (دار الاقامة)دا ، هه‌ر ساتێ ویستی هه‌موو خه‌ڵکی به‌هه‌شت ئه‌ڕوانن بۆ زاتی به‌و شێوه که شیاوی فه‌ضڵ‌و که‌رامه‌تی ئه‌وه •

وه ئه‌و دوو به‌هه‌شته داری به‌ری زۆریان تێدایه‌و ، به‌ریان زۆره • ئیتر به کام نیعمه‌تی خودای خۆتان باوه‌ڕ ناکه‌ن ؟ وه هه‌یه له هه‌ر یه‌کێ له‌و به‌هه‌شتانه‌دا دوو سه‌رچه‌شمه‌ی ئاوو هه‌ردوکیان ره‌وان ئه‌بن • ئیتر به کام نیعمه‌ت له نیعمه‌ته‌کانی خودای خۆتان باوه‌ڕ ناکه‌ن ؟ وه له‌و به‌هه‌شتانه‌دا هه‌یه له هه‌موو جۆره میوه‌یێ دوو نه‌وع : یه‌کێکیان ناسراوه‌و ، یه‌کێکیان نه‌ناسراوو . نه‌بیسراوو ، نه‌بینراوه • ئیتر بـه کام نیعمه‌ت له نیعمه‌ته‌کانی خودای خۆتان باوه‌ڕ ناکـه‌ن • وه پاڵ ئه‌ده‌نه‌وه له‌سه‌ر چـه‌ن فه‌رشێ کـه ناوه‌خنه‌که‌یان له حه‌ریری قایمه • وه میوه‌ی ئه‌و دوو به‌هه‌شته نزیکن لـه ده‌ستی ئه‌و که‌سانه‌وه ده‌ستیان بۆ ئه‌به‌ن‌و ئه‌یانه‌وێ بیانخۆن • ئیتر به کام نیعمه‌تی خودای خۆتان باوه‌ڕ ناکه‌ن ؟ وه له‌و به‌هه‌شتانه‌دا چه‌ن حۆرییه‌ك هه‌یه که هه‌میشه چاویان بڕیوه‌ته هاوسه‌ره‌کانی خۆیان‌و له مێرده‌کانی خۆیان

بەولاوە بۆ ئادەمیزادی تر ناڕوانن • پێش خاوەنەکانی خۆیان کەس نەچوەتە لایان نە ئادەمیزادو نە پەری • وە ئەو حۆرییانە لە سافیو سوورو سپێتی ڕەنگو ئاوداریياندا لە یاقووتو مەرجان ئەچن • [دەی خۆزگەم بەو کەسە کە خاوەنی ئەو بەشەیە !] ئیتر بە چ نیعمەتێ لە نیعمەتەکانی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ جا ئایا پاداشی چاکە لە چاکە بەولاوە ئەبێ ؟ واتە : ئەو بەندانە لە دنیادا خزمەتی گەورەی خۆیانیان کردوەو خودایش لە ڕۆژی قیامەتا پاداشی ئەو بەندانە ئەداتەوە • دەی بە کام نیعمەت لە نیعمەتەکانی باوەڕ ناکەن ؟

(وَمِنْ دُونِهِمَا جَنَّتَانِ (٦٢) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٦٣) مُدْهَامَّتَانِ (٦٤) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٦٥) فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ (٦٦) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٦٧) فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ (٦٨) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٦٩) فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ (٧٠) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٧١) حُورٌ مَقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ (٧٢) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٧٣) لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ (٧٤) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٧٥) مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ (٧٦) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ (٧٧) تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ) (٧٨)

وە لە خواری ئەو دوو بەهەشتەوە کە دانراون بۆ ئەوانە لە خودای خۆیان ئەترسن دوو بەهەشتی تر هەیە کە شیاوی غەیری گەلی پێشوە •

ئەو دوو بەهەشتە لە دوورەوە رەش‌بام دەرئەکەون لە بەر زۆری‌و سەوزی • ئیتر بە کام نیعمەتی خودا باوەڕ ناکەن ؟ وە لەو بەهەشتانەدا دوو چاوگە هەیە کە فووارە ئەکەن‌و ئاوەکەیان بە ئاسمانا بەرز ئەبێتەوە • ئیتر بە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕتان نیە ؟ وە هەیە لەو بەهەشتانەدا هەر جۆرە میوەیێ دڵ ئارەزووی بکاو ، هەروەها دارخورماو هەنار • جا بە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ وە لەو بەهەشتانەدا حۆری جوان شێوەو خۆش رەوشت هەیە • ئیتر بە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ وە ئەو جوانانە چەن حۆرییەکن وان لە شوێنی تایبەتیدا لە ناو خێوەتا • ئیتر بە چ نیعمەتێ لە نیعمەتەکانی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ وە لە پێش خاوەنەکانیانا هیچ کەسێ لـە پەری‌و ئادەمیزاد دەستیان بۆ ئـەو حۆرییانە نەبردوە • ئیتر بـە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕ ناکـەن ؟ وە پاڵ ئەدەنەوە لەسەر چەن پشتی سەوزی شایاو بۆ بەهەشتی ، وە لەوانە کـە لەبەر نایابی پێیان بوترێ (عبقری) واتە : لە شاری (عەبقەرە)وە ــ کە شاری جنۆکەکانە ــ هاتوون • جا بـە کام نیعمەتی خودای خۆتان باوەڕ ناکەن ؟ زۆر گەورەیە ناوی پەروەردگاری خۆت کـە خاوەنی پاکییە لـە عەیب‌و . خاوەنی ئیکرامە بۆ ئەو کەسانە زانیویانە چۆن خزمەتی خـودا ئەکـەن •

بزانن ! (عەبقەرە) بە خەیاڵ ناوی شارێکە لە شارانی جنۆکە ، کاتی خۆی عەرەب ئەگەر شتێکی جوانی نایابیان چاوپێ‌بکەوتایە ئەیانوت : ئەم شتە (عەبقەرییە) ، واتە : ئەم شتە ئەوەنە نایابە لە خاکی ئادەمیزادانا دەس ناکەوێ مەگەر لە شاری جنۆکەکانا •

جابیر ئەگێڕێتەوە : کـە پێغـەمەر ـدـ هاتـەدەرەوە بۆ ناو یارانی‌و سوورەتی (الرحمان) لە سەرەتاوە تا دوایی بەسەردا خوێندنەوە ئەوانیش

بێ‌دەنگ بوون • جا حەزرەت ـدـ فەرمووی : من ئەم سوورەتەم خوێندەوە بەسەر جیندا لەو شەوەدا کە جنیم بانگ‌کرد بۆ ئایینی ئیسلام ، ئەوان لە ئێوە جواتر ئەم سوورەتەیان وەرگرت : من هەر کاتێ ئایەتی : (فبای الاء ربکما تکذبان)م ئەخوێندەوە جنییەکان ئەیانوت : ئەی خودا هیچ نیعمەتێکت نیە ئێمە باوەڕی پێ نەکەین • یەعنی ئەبوو ئێوەیش لای کەمی وەها بوونایێ ئەوتانە بوتایێ •

جا لەمەوە دەرئەکەوێ ئەگەر ئادەمیزاد لە کاتی بیستنی ئەو ئایەتەدا بڵێت : (یا رب لا نکذب بشیء من آلائك) ئـەوە باشـەو خێرو پاداشی هـەیە •

پەروەردگارا ! ئەی خاوەن کـــەرەم
ئەی خاوەن رەحمەت ئەی خودای ئەکرەم
ئێمـــە سەراسەر خۆمان نیعمـــەتین
خۆمـــان کلیلی دەرگـــای رەحمەتین
ئێمەت دروست‌کرد لـــە بۆ عیبادەت
بۆ جـــاویدانی فـــەیض‌و ســەعادەت
عەقڵت بۆ نادرین لـــە بۆ هۆشیاری
پێغـەمەریشت نـــارد بـــە دیـــاری
یـــانی هـــەدییەی ئیحســـانی باری
بـــۆ دڵی هۆشـــیار بـــۆ بەختیاری
گـەیاندی پێمـــان پەیغـامی صـــەفا
شارەزای کردین بۆ ڕێگـــەی وەفـــا
ڕێگـــەی ئەخلاق‌و ڕەوشـــتی بوڵەند
ڕێگەی سەربەرزی‌و پایەی ئەرجومەند
ئێمە (راسب) بووین تۆ چاوپۆشیت کرد

ئێمه فاسید بووین تۆ ئیسلاحت کرد
ئه‌وه‌ی پێویسته بۆ سلووکی رێ
ته‌سلیمت کردین ئه‌وه‌ی پێویست بێ
که وابێ ئێمه هه‌موو ره‌حمه‌تین
سه‌ر تا به پایین هه‌موو نیعمه‌تین
سوپاس به ئیخلاص بۆ باره‌گای تۆ
ئه‌ناو ستایش بۆ کیبریای تۆ
درووود بۆ ره‌هبه‌ر چرای دنیاو دین
ناردت به ره‌حمه‌ت له بۆ عاله‌مین
ئه‌پارێینه‌وه به لاڵه‌و پاڵه
له به‌ر ده‌رگایێ پڕ له که‌ماڵه
ته‌وفیقمان بده به ئیستیقامه‌ت
بۆ خزمه‌تی دین به بێ مه‌لامه‌ت
(نامی) له ریزی خزمه‌تکارانا
حه‌شری بفه‌رموو له‌گه‌ڵ یارانا

سوورەتی (واقیعە) لـــە سوورەتە مەکەییەکانە ، نەوەدو شەش ئایەتە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

(إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ (١) لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ (٢) خَافِضَةٌ رَافِعَةٌ (٣) إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجًّا (٤) وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسًّا (٥) فَكَانَتْ هَبَاءً مُنْبَثًّا (٦) وَكُنْتُمْ أَزْوَاجًا ثَلَاثَةً) (٧)

کاتێ ئەو رۆژی قیامەتە هاتەجێ کە لە عیلمی ئێمەدا ئەوەندە دامەزراوە بەر لە بوونی وەکوو بوو وایە . بۆ هاتنەجێگەی ئەو رۆژە هیچ نەفسێکی درۆزن ناتوانێ بڵێت : ئەمە رۆژی قیامەت نیە .

کاتێ کە غائیب بۆت هاتە بەرچاو

نامێنێ قسەی پووچی ناتـــەواو

ئـــەم قیامەتە کارەساتێکە بازێ کەس دائەنەوێنێ بـــە سەرشۆڕیو شەرمەساریو ، بازێ کەسیش بەرزئەکاتەوە بەرێزو بەختیاری . کاتێ کە تەکان درا بە زەوی بە تەکانی شیاوو کێوەکان دارزێنران وەکو سورمەی هاڕاو ، جا ئەو کێوە بەرزانە بوون بە گەردی رووی هەواو بڵاوکرایەوە بـــە فەزاداو ، ئێوەیش ئەی هۆشیارانی خودا بانگکردوو بوون بـــە سێ کۆمەڵ .. ئـــەو رۆژە هەموو راستییەك دەرئەکەوێو ، تاوانبار ســـەری دائەنەوێو ، فەرمانبەر لە خۆشیدایەو سەربەرزە .

(فَأَصْحابُ الْمَيْمَنَةِ ما أَصْحابُ الْمَيْمَنَةِ ؟ (٨) وأَصْحابُ الْمَشْأَمَةِ ما أَصْحابُ الْمَشْأَمَةِ ؟ (٩) والسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ (١٠) اولائِكَ الْمُقَرَّبُونَ (١١) فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (١٢) ثُلَّةٌ مِنَ الأَوَّلِينَ (١٣) وقَلِيلٌ مِنَ الآخِرِينَ) (١٤)

ئـەو سێ کۆمەڵە کۆمەڵێکیان خاوەن پیرۆزین ، بەڵام نازانن ئـەو کۆمەڵە چۆنن چونکە ئەوەندە پایەیان بە مایەیە • کۆمەڵێکیشیان خاوەنی شوومیو نەگبەتینو بێ پایـەو مایـەن ، بەڵام نازانن ئەو کۆمەڵە چـەند بەدبەختن !

وە ئەوانەیش کە پێشکەوتوون لە مەیدانی دڵسۆزیو باوەڕی راستو جیهادا ئەوانەن کە خۆیان کردوە بە قۆچی قوربانی بۆ پیرۆزیو کامەرانیو جاویدانی •• ئەوانەن نزیکانی بارەگای رەحمەتی خودای میهرەبانو وان لـە ناو ئەو بەهەشتانەدا کـە پڕن لە نیعمەتی مادیو مەعنەوی ، وە ئەمانە کۆمەڵێکی زۆریان لە پێشکەوتووانی هەموو ئوممەتێکە ، وە کەمێکیان لە دواکەوتوانی ئەوانەیە •

بۆ نموونە : لـە ئادەمەوە هەتا حەزرەتی خاتەم ــ د ــ لە کۆمەڵەی زۆربەی پێشینان لە سابیقینو کەمێکیان لە دواکەوتووانن • وە لە ئوممەتی پێغەمەری ئێمە زۆربەی سابیقین لە چینە پێشووەکانە کە یارانو کۆمەڵانی دوای ئـەوانن ، کۆمەڵانی دوای ئەوانیش لـە خەڵکی ئەو چەرخانە کـە حەزرەت شایەتی ئەوەی بۆ داون کە چاکترینی چەرخن ، وە کەمی سابیقین لە یەکەیەکەی چەرخە پاشکەوتوەکان لە زانایانی راستو ، پیاوچاکانو ، لێپرسراوانی دادگەر • خودا لەوانیشو لە ئێمەیش رازی بێ •

(علی سُرُرٍ مَوْضُونَةٍ (١٥) مُتَّكِئِينَ عَلَيْهَا مُتَقَابِلِينَ (١٦)
يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ (١٧) بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ
وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ (١٨) لا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا ، وَلاَ يُنْزِفُونَ (١٩)
وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠) وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٢١)
وَحُورٌ عِينٌ (٢٢) كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ (٢٣) جَزَاءً بِمَا
كَانُوا يَعْمَلُونَ (٢٤) لا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْواً وَلاَ تَأْثِيماً (٢٥)
إِلاَّ قِيلاً : سَلاماً سَلاماً) (٢٦)

وه ئـه‌و پێشکه‌وتوه نزیکانه وان به‌سه‌ر چه‌ن ته‌ختێکه‌وه کـه بـه ڕێسمانی ئاڵتوون چنراون ، ئه‌و به‌خته‌وه‌رانه له به‌رابه‌ری یه‌که‌وه به‌سه‌ر ئه‌و ته‌خت‌و شوێنه نایابانه‌وه پاڵئه‌ده‌نه‌وه‌و ، چه‌ن غولامێکی ده‌وامکردووی پایه‌دار به‌سه‌ریانا ئه‌گه‌ڕێن بۆ خزمه‌تکردنیان ، چه‌ن کووبی شه‌رابی بـێ ده‌ست‌و لووله‌و چه‌ن مه‌سینه‌و پیاڵه‌ی پڕ شه‌رابی صافیان پێیه ، شه‌رابێکی وه‌ها کـه بـه خواردنه‌وه‌ی سه‌ریان نائێشێ‌و سه‌رخۆش نابن ، هه‌روه‌ها ئـه‌و خزمه‌تچییانـه میوه‌ی باش لـه‌وه‌ی کـه خۆیان بـه باشی ئـه‌زانن‌و هه‌ڵیئه‌بژێرن‌و ، گۆشتی په‌له‌وه‌ر له‌وه‌ی ئاره‌زووی ئه‌که‌ن بۆیان دێنن • وه هه‌روه‌ها بۆ له‌زه‌توه‌رگرتن ئه‌گه‌ڕێ به ده‌وریانا چه‌ن حۆرییه‌کی له ڕه‌نگا سوورو سپی چاو قه‌وی که له سافی‌و ئاوداریدا وه‌کوو دوڕی پارێزراو له تۆزو غوبار وه‌هان • ئه‌مانه‌یان کـه ده‌ستئه‌که‌وێ له‌بـه‌ر پاداشدانه‌وه‌یه له‌سه‌ر ئه‌و کرده‌وه باشانه که له دنیادا کردوونیان •

وه لـه به‌هه‌شتا قسه‌ی پووچ‌و بێسوود نابیسن ـ قسه‌یێ نه‌بێ کـه بریتییه له سه‌لامکردنی گه‌رم له‌گه‌ڵ ڕێزدا ـ ئه‌گه‌ر ئه‌مه له ڕزی قسه‌ی

پووچدا بێ • ئەم (استثنا)یە لە بابەتی تەئکیدی مەدحە بە هاووێنەی زەم • وەکوو ئەڵێ : ئەو گەلە قسەی خراپیان نیە مەرحەبای گەرم نەبێ •

(وَاَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا اَصْحَابُ الْيَمِينِ ! (٢٧) فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ (٢٨) وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ (٢٩) وَظِلٍّ مَمْدُودٍ (٣٠) وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ (٣١) وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢) لَا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ (٣٣) وَفُرُشٍ مَرْفُوعَةٍ (٣٤) اِنَّا اَنْشَأْنَاهُنَّ اِنْشَاءً (٣٥) فَجَعَلْنَاهُنَّ اَبْكَاراً (٣٦) عُرُباً اَتْرَاباً (٣٧) لِأَصْحَابِ الْيَمِينِ (٣٨) ثُلَّةٌ مِنَ الأَوَّلِينَ (٣٩) وَثُلَّةٌ مِنَ الآخِرِينَ) (٤٠)

وە ئەوانە کە خاوەنی پیرۆزین‌و لە کۆمەڵی دووهەمن نازانن چۆن کۆمەڵێکن‌و خودا چ نیعمەتێکی پێداون ! وان لە ناو داری سیدر ـ مۆرد ـی بێ دڕکاو لە ناو مۆزی بەسەریەکاکەوتووی وەکوو پەنجەی گوشراودا ، وە وان لە سێبەری خەستی درێژاو لە لای ئاوی داڕێژراودا ، [واتە : لە سێبەری ئاوڕشێنکراوا]و میوەیەکی زۆری بێ‌ئەندازەیان لە لادایە ؛ نە خۆیان لە تەواوبوون دێن‌و ، نە لەکەسیش ئەگیرێنەوەو ، فەرش‌و رایەخی بەرزکراوە ؛ جا لەبەر زۆری تووك ، یا لەبەر زۆری راخستنی رایەخ لەسەر رایەخ ، یاخود بەرزن لە نرخ‌و قیمەتا ، لەم جێگە خۆشەو ، لەسەر ئەم رایەخە بەرزو نەرمانە لەگەڵ ئەو حۆرییە جوانە دەس‌بۆنەبراوانەدا رائەبوێرن • ئێمە ئەو حۆریانمانە دروست‌کردوە بە دروستکردنێکی تایبەتی‌و سەربەخۆ ، وە کردوومانن بە چەن کچێکی دەست‌بۆنەبراوی خۆخۆشەویستکردوو لە لای مێردیاناو ، کردوومن بە هاوتەمەن •

دەگێڕنەوە : خۆیان‌و مێردەکانیان هەموو وان لە تەمەنی سی‌وسێدا •

وه ئه‌مانه‌م داناوه بۆ (اصحاب اليمين) که کۆمه‌ڵێکن له پێشیناڼو کۆمه‌ڵێکن لــه دواکه‌وتووان • واته لــه هه‌موو ئوممه‌تێکدا کۆمه‌ڵێ لــه (اصحاب اليمين) هه‌یه له سه‌ره‌تاوه‌و کۆمه‌ڵێکیش له کۆتاییه‌وه • واته : کۆمه‌ڵێ له پێشیناڼو کۆمه‌ڵێ له پاشینان •

وه بازێ فه‌رموویانه مه‌عنای ئایه‌ته‌که وایه : ئه‌وانه که لــه سابیقنن کۆمــه‌ڵێ گه‌وره‌یانه لــه هه‌رچی ئوممه‌تی پێشینانه‌و کۆمه‌ڵێ که‌میان لــه ئوممه‌تی دواکه‌وتووانه ، وه‌کوو ئوممــه‌تی پێغه‌مه‌ری ئێمــه • واته : لــه هه‌رچی ئوممه‌تی پێغه‌مه‌رانی پێشوو له ئاده‌مه‌وه هه‌تا عیسا ـد ـ کۆمه‌ڵێ له سابیقین په‌یدا ئــه‌بێ‌و کۆمه‌ڵه‌که‌یان گه‌وره‌یه • وه بــه ته‌نیا لــه ئوممه‌تی پێغه‌مه‌ری خۆمان کۆمه‌ڵه‌یێ سابیقین په‌یدا ئه‌بێ به‌ڵام له کۆمه‌ڵی پێشینان که‌مترن •

جا ئه‌مه هه‌رچه‌ند له ئه‌وه‌ڵه‌وه یه‌کێ ته‌ماشای بکا پێی‌خۆش نیه له‌به‌ر ئه‌وه که سابیقین له گه‌لی پێغه‌مه‌ری خۆمانا که‌متر ئه‌بن له سابیقینی هه‌موو گه‌لانی پێغه‌مه‌رانی پێشوو ، به‌ڵام له راستیدا جێگه‌ی شانازییه ؛ چونکی بــه هه‌موو گه‌له پێشووه‌کان کۆمه‌ڵێ سابیقین په‌یدا ئه‌بێ‌و بــه ته‌نیا گــه‌لی پێغه‌مه‌ری ئێمه کۆمه‌ڵێ په‌یدا ئه‌بێ • جا با که‌متر بێ له سابیقینی پێشوو ؛ چونکه ئه‌وان به هه‌موو گه‌له‌کان ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یان لێ ته‌واو بوه •

ئه‌مه ده‌رباره‌ی سابیقین ، به‌ڵام بۆ (اصحاب اليمين) بــه قه‌طعی نه‌ظه‌ر له‌وه که له سابیقین بن کۆمه‌ڵێ گه‌وره له ئوممه‌ته پێشووه‌کاڼو کۆمه‌ڵێ گه‌وره له ئوممه‌تی حه‌زره‌تی محه‌مه‌ده ـد ـ •

عورووه‌ی کوڕی روه‌یم ئه‌ڵێ : که ئایه‌تی (ثلة من الاولين وقليل من الآخرين) هاته‌خواره‌وه عومه‌ری کوڕی خه‌طاب گریاو فه‌رمووی : ئــه‌ی

پێغەمەری خودا باوەڕمان پێکردیو تەصدیقمان کردی • لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەی لە ئێمە رزگار ئەبێ کەمە ! جا خودا ئایەی (ثلة من الاولین وثلة من الآخرین)ی ناردەخوارەوە •

جا حەزرەت ـدـ عومەڕی کوڕی خەطابی بانگکردو فەرمووی : ئەی عومەر لە هۆی ئەوەوە کە تۆ قسەتکرد خودا ئایەتی ناردەخوارەوە (فجعل ثلة من الاولین وثلة من الآخرین ، فقال عمر : رضینا عن ربنا وتصدیق نبینا ، فقال رسول الله ـصـ : من آدم الینا ثلة ، ومنی الی یوم القیامة ثلة • ولا یستتمها الا سودان من رعاة الابل ممن قال لا اله الا الله) •

(وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ ؟ (٤١) فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ (٤٢) وَظِلٍّ مِنْ يَحْمُومٍ (٤٣) لَا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ (٤٤) إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُتْرَفِينَ (٤٥) وَكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنْثِ الْعَظِيمِ (٤٦) وَكَانُوا يَقُولُونَ : أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَاباً وَعِظَاماً أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ؟! (٤٧) أَوَآبَاؤُنَا الْأَوَّلُونَ ؟!) (٤٨)

وە ئەوانە کە خاوەن شوومو نەگبەتینو نامەی کردەوەیشیان لە لای دەستی چەپەوە بۆ دێتو بە دەستی چەپ وەریئەگرن •• نازانن چەنێ بەدبەختن ! ئەوانە وان لە ناو گەرمایەکی ژاراوی وادا کە گەرماکەی کار لە بنی مووی لەشی ئادەمیزاد ئەکا • وە وان لە ناو ئاوێکی زۆر گەرمی ناڕاداو وان لە ناو سێبەرێکدا کە لە دووکەڵێکی گەرم پەیدا ئەبێ ، ئەو سێبەرە نە ساردە وەکوو سێبەرەکانی دیکەو • نە قازانجێکیشی هەیەو • نە شوێنەکەی شیاوی رێزە • ئەمەیان لەبەرچی بۆ بڕیاردراوە ؟ لەبەر ئەوە ئەم ئادەمیزادانە لە دنیادا لە کاتی ژیانا خاوەن نیعمەتو خاوەن رابواردن بوونو ، ئەوانە

بوون که به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر ئه‌و تاوانه بێوێنه گه‌وره که کوفرو هاوبه‌شدانانه بۆ خوداو ، هه‌میشه ئه‌یانوت : ئایا ئێمه کاتێ مردین‌و بووین به گڵ‌و ئێسك .. ئایا تازه ئێمه زیندوو ئه‌کرێینه‌وه ؟! ئایا له‌گه‌ڵ باوك‌و باپیره پێشووه‌کانیشمانا ؟

(قُلْ : إِنَّ الأَوَّلِينَ وَالآخِرِينَ (٤٩) لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَعْلُومٍ (٥٠) ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا الضَّالُّونَ الْمُكَذِّبُونَ (٥١) لَآكِلُونَ مِنْ شَجَرٍ مِنْ زَقُّومٍ (٥٢) فَمَالِئُونَ مِنْهَا الْبُطُونَ (٥٣) فَشَارِبُونَ عَلَيْهِ مِنَ الْحَمِيمِ (٥٤) فَشَارِبُونَ شُرْبَ الْهِيمِ (٥٥) هَذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ الدِّينِ) (٥٦)

تۆ ئه‌ی ره‌هبه‌ر بفه‌رمووە : نه‌ك ته‌نیا ئێوه‌و باوك‌و باپیره‌کانتان به‌ڵکو هه‌رچی گیانله‌به‌ر بووه . هه‌رچی ئاده‌میزادو په‌ری بوون له‌مه‌وبه‌رو له‌مه‌ولایش هه‌موو له کاتی رۆژێکی دیاریدا گردئه‌کرێنه‌وه . جا پاش ئه‌و گردبوونه‌وه - ئه‌ی گومڕاهه‌کان‌و . ئه‌ی باوه‌ڕنه‌کردووه‌کان به ئایینی ئیسلام له داری زه‌قووم ئه‌خۆن . یانی له به‌ره‌که‌ی ئه‌خۆن‌و سکی خۆتانی لێ پڕئه‌که‌ن . ئه‌مجار ئاوی گه‌رمی زۆری به سه‌را ئه‌خۆنه‌وه‌و . ئه‌خۆنه‌وه وێنه‌ی خواردنه‌وه‌ی وشترێ که ده‌ردی (هیام)ی گرتبێ‌و . به هیچ ئاوی تینوێتی نه‌شکێ‌و . ئه‌م خوارده‌مه‌نی‌و خواردنه‌وه‌یانه بۆ ئاماده‌کراوه وه‌کو چێشتی میوانی به حورمه‌ت . جا خوارده‌مه‌نییه‌ك ئاوا بێ ئه‌بێ بخۆره‌که‌ی کێ بێ ؟

(نَحْنُ خَلَقْنَاكُمْ . فَلَوْلا تُصَدِّقُونَ ؛ (٥٧) أَفَرَأَيْتُمْ مَا تُمْنُونَ ؛ (٥٨) أَأَنْتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ ؛ (٥٩)

نَحْنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمْ الْمَوْتَ . وما نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ (٦٠)
على أنْ نُبَدِّلَ أمْثَالَكُمْ وَنُنْشِئَكُمْ فِي ما لا تَعْلَمُونَ (٦١)
ولَقَدْ عَلِمْتُمُ النَّشْأَةَ الأولى ، فَلَوْلاَ تَذَكَّرُونَ !) (٦٢)

ئێمە ئێوەمان دروستکردوە لەسەر بناغەی زانیاری‌و خواستکاری‌و تەوانایی لە نەبوونەوە بۆ بوون‌و لە نەزانینەوە بۆ زانیاری‌و ، لە هەیکەلی ئێوەدا چەن هێزێکی نادیاریسان داناوە وەکوو : زانیاری‌و ، ئازایەتی‌و ، داوێن‌پاکی‌و ... سیفەتەکانی تر . وە چەن هێزی دیاریشمان داناوە وەکوو : هەڵسەت‌و ، گرتن‌و ، قسەکردن‌و ، بیستن‌و ، بینین .. ، بە جۆرێ هەر هۆشیارێ بیر بکاتەوە لەوانەدا ئەزانێ کە ئەو کەسە ئەوانەی دروست‌کردوە زیندووکردنەوەی مردووی لە لا ئاسانە ، دەی بۆچی باوەڕ ناکەن کە خالیق هەر خودایەو ئەو خودا لەسەر هەر مومکینێ تەوانایە ؟ هەواڵم بدەنێ لەو مادەی تۆمە کە ئێوە فڕەی ئەدەن بۆ ناو منداڵدانی ژن ـ ئایا لەسەر زانیاری‌و خواست‌و تەوانای خۆتان دروستی ئەکەن‌و ئەیکەن بە کوڕ یا بە کچ‌و ، جوان یا ناشیرین‌و ، خاوەن خوو رەوشتی پەسەند یا ناپەسەند ؟ یا ئێمە دروستی ئەکەین ؟

وە ئێمە لە پاش دروستکردنی ئێوە مردنمان لەناوتانا بڕیار داوەو هۆو کات‌و ساتێکمان بۆ دیاری‌کردوەو ، ئێمە بێ‌دەستەڵات‌و دەستەوسان نین لە لە باتی ئێوە هاووێنەی ئێوە لە ئینسانییەتا دروست‌بکەین‌و ، ئێوە دروست‌بکەین‌و داتان‌بمەزرێنینەوە لە ناو شێوەو سیفەتێکا کە ئیستە بە بیرو خەیاڵتانا نایێ . وەکوو ئاژەڵێکی ناشیرین . وەك چۆن شێوەی بەنی‌ئیسرائیلیەکانی گۆڕی بە شێوەی مەیموون‌و بەراز ئەتوانین شێوەی ئێوەیش بگۆڕین بە شێوەی گیانلەبەرێ بێجگە لە ئادەمیزادو ، کۆمەڵێ ئادەمیزادی تر دروست بکەین‌و لە شوێنی ئێوەیان دابنێین .

وه بێگومان ئێوه به به‌ڵگه‌و به گێڕانه‌وه‌ی هه‌واڵده‌ری راستگۆ ئه‌حواڵی خۆتان له نه‌شئه‌ی یه‌که‌مدا ئه‌زانن ؛ که چۆن ئێوه‌مان له تنۆکێ ئاوه‌وه کرد به ئاده‌میزادێکی جوان • ده‌ی ئه‌وه بۆچی بیرناکه‌نه‌وه له‌و ئیجاده‌دا هه‌تا به ئاسانی بزانن خودا ته‌وانایه به‌سه‌ر ئه‌وه‌دا که له پاش‌مردن‌و رزینی له‌شتان دروستتان بکاته‌وه وه‌کوو ئینسانه‌که‌ی جاران ؟

ئه‌وه‌ی ئاوی کرد به ئینسانی پاك
ئینسانیشی برد کردیه‌وه به خاك
ئه‌توانێ خاکیش هه‌م بکاته‌وه
به‌و ئینسانانه وان به لاته‌وه

خودا فه‌رموویه‌تی : (نحن قدرنا بینکم الموت ••• الآیة) •
ئه‌بوبه‌کر ـخـ فه‌رمووی : ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خودا پیر بووی ! فه‌رمووی : به‌ڵێ (هود)و (الواقعة)و (المرسلات)و (عم یتساءلون)ه‌و (اذا الشمس کورت) پیریان کردم ؛ چونکه ئه‌م سووره‌تانه باسی زۆری به‌ربادکردنی گه‌له پێشوه‌کان‌و ، په‌ندو ئامۆژگاری‌و رێنومایی‌و به‌ڵگه‌ی رووناك‌و ، باسی مردن‌و به‌هه‌شت‌و دۆزه‌خیان تێدایه •

(أفَرَأيتُمْ ما تَحرُثُونَ ؟ (٦٣) أأنْتُمْ تَزْرَعُونَهُ امْ نَحنُ الزَّارِعُونَ ؟ (٦٤) لَوْ نَشاءُ لَجَعَلْنَاهُ حُطاماً فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ (٦٥) إنَّا لَمُغْرَمُونَ (٦٦) بَلْ نَحنُ مَحرُومُونَ (٦٧) أفَرَأيْتُمُ المَاءَ الّذي تَشْرَبُونَ ؟ (٦٨) أأنْتُمْ انزَلْتُمُوهُ مِنَ المُزْنِ ، أمْ نَحنُ المُنزِلُونَ ؟ (٦٩) لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ اجَاجاً فَلَوْلاَ تَشْكُرُونَ (٧٠) أفَرَأيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ ؟ (٧١)

أأنتم أنشأتم شجرتها ، أم نحن المنشئون ؟ (٧٢) نحن جعلناها تذكرة ومتاعاً للمقوين (٧٣) فسبح باسم ربك العظيم) (٧٤)

هەواڵم بدەنێ لەو تۆمەی ئەیوەشێنن : ئایا ئێوە خۆتان ئەیڕوێنن ، یا ئێمە ئەیڕوێنین ؟ ئەگەر خواستمان بێ ئەیکەین بە پووشێکی وشك ؛ جا ئەوسا قسەتان ئەکردو ئەتانوت : بە راستی ئێمە قەرزاری مەسرەفی کشتەکەی خۆمانین ، بەڵکوو ئێمە گەلێکی بێ بەش‌و نائومێدین ! وە هەواڵم بدەنێ لەو ئاوەی ئەیخۆنەوە،ئایا ئێوە دایئەبەڕێنن لە ئاسمانەوە یا ئێمە دایئەبەڕێنین‌و ئەیکەین بە باران ؟ ئەگەر خواستمان بیوایە ئەمانکرد بە ئاوێکی تاڵ‌و سوێر • دەی بۆ سوپاسی خودا ناکەن لەسەر ئەوە کە ئاوێکی زەلاڵ‌و سافە ؟

وە هەواڵم بدەنێ لەو ئاگرە هەڵیئەگیرسێنن‌و ئەیکەنەوە : ئایا ئێوە ئەو دارانەتان دروست‌کردوە وەکوو داری (مەرخ)و (عەفار) کە ئەیاندەن لە یەك‌و هەڵئەگیرسێن‌و گڕیان لێ ئەبێتەوە ؟ یا ئێمە دروستمان کردوون ؟ ئێمە کردوومانن بە هۆی بیرکردنەوە لە گەورەیی خوداداو ، بە هۆی ژیوارو رابواردن بۆ ئەو کەسانە کە چۆڵگەردن‌و لە دەشت‌و دەرا پێویستیان بە ئاگرە بۆ خۆگەرمکردنەوە • وە یا بە هۆی تێربوون بۆ ئەوانە سکیان چۆڵەو بەو ئاگرە ئەیکەنەوە نان دروست ئەکەن‌و ، چێشت ئەکوڵێنن‌و ، چایی‌و قاوە دەم ئەکەن • دەی هەمیشە تەسبیحی ئەو خودای گەورەی خۆتە بکەو بە دووری بگرە لە ناتەوانی‌و کەم‌و کووڕی لە صیفات •

(فلا أقسم بمواقع النجوم (٧٥) وإنه لقسم لو تعلمون عظيم (٧٦) إنه لقرآن كريم (٧٧) في كتاب

مَكْنُونٍ (٧٨) لا يَمَسُّهُ إلاَّ المُطَهَّرُونَ (٧٩) تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ العَالَمِينَ (٨٠) أفَبِهذَا الحَدِيثِ أنْتُمْ مُدْهِنُونَ ؟ (٨١) وتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ !) (٨٢)

دەگێڕنەوە لە ئیبنو عەباسەوە ـخـ : کە جارێك حەزرەت لەگەڵ یارانیا لە سەفەرێکدا بوو تینوویان بوو ، هاوڕێکانی عەرزیانکرد : دۆعا بکا بارانیان بۆ بباریٚ • فەرمووی : پێمبڵێن : ئەگەر دۆعام کردو باران باری نەڵێن : بە هۆی فلان ئەستێرەوەو ، لە فلان بورجا بارانمان بۆ باری ! ئەوانیش عەرزیانکرد : ئەی پێغەمەری خودا ئیستە کاتی ئەو ئەستێرانە نیە • جا حەزرەت دوو رکات نوێژی کردو لە خودا پاڕایەوە ، جا بایێکی توند هاتو هەورێکی باشی کردو بارانیان بەسەرا باری ، تا ئاوی شیوەکان هاتو ئاویان خواردەوەو ، جەوەندەیان پڕ کردو ، لە پاشان رۆیشتن بەسەر پیاوێکدا بە کاسەییٚ ئاوی هەڵئەگۆزیو ئەیوت : لە فلانە بورجدا بارانمان لیٚ باریو ، نەیوت : لە کەرەمی خوداوە • جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە •

واتە : سوێند ئەخۆم بە کاتو ساتی ئەستێرەکان لە ئاوابوونو هەڵهاتنیاندا ! وە ئەمە سوێنێکی گەورەیە ، چونکە سوێندم لەسەر خواردوە کە دەلالەت لەسەر هێزو تەوانایی ئەو پەروەردگارە ئەکا کە ئەم ئەستێرانەی دروستکردوەو هاتوچۆیان پیٚ ئەکات • جا ئەگەر ئەم کارو نهێنیە وردانەتان بزانیاییٚ زۆر باش بوو •

ئەم قورئانە کە دێتەخوارەوە بۆ سەر رەهبەری خۆشەویست قورئانێکی بەڕێزو خاوەن پیرۆزییە ، لە لای خوداوە بۆی هاتوە • وە ئەم قورئانە وا لەناو نووسراوێکی بەڕێزدا ، کە (لوح المحفوظ)ەو ، پارێزراوەو شارراوەتەوە لە دەستو دەستەڵاتی خائینانو ، کەس دەست نادا لەو

قورئانە لە (لوح المحفوظ)دا فریشتەکان نەبێ کە پاکن‌و پاککراونەتەوە لە تاوانباری • وە نابێ لە زەویشدا کەس دەستی لێ بدا ئەو موسوڵمانانە نەبێ کە پاکن لە لەشپیسی‌و بێدەست‌نوێژی • وە لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە نێرراوەتە خوارەوە • ئایا ئێوە بێ موبالاتی بەم قورئانە بە حورمەتە پیرۆزە ئەکەن‌و ؟ ڕۆزی‌و بژیوی خۆتان ئەکەن بەوە کە بێ باوەڕی بەو قورئانە دەرئەبڕن ؟ دیارە زۆر ستەم لە خۆتان ئەکەن کە ئەم جۆرە کارە ئەکەن !

یاخود مەبەس لە (مواقع النجوم) کات‌و شوێنی موناسبە بۆ هاتنەخوارەوەی چەن ئایەتێ لە قورئان کە بە (نجم) ناوئەبرێن • یاخود مەبەس لە مەواقیعی نوجووم کات‌و شوێنی هاتوچۆی ئەستێرەکانی ئاسمانە ، بەو موناسەبەوە هەر پارچەیێ لە ئایەت وەکوو ژمارەیێ ئەستێرە وایە لەوەدا کە ئەوان کائیناتی مادی رووناك ئەکەنەوەو ئایەتەکانیش گیان‌و دەروونی موسوڵمانان رووناك ئەکەنەوە •

بزانن ! ئیبن‌و حەجەری عەسقەلانی لە شەرحی حەدیثی : (مطرنا بنوء كذا) دا ئەفەرموێت : زەمکردنی ئەم وتارانە لەسەر بناغەی بیری جاهیلییەت‌و بیرو باوەڕی تاریکی ئەو چەرخەیە کە وایان داناوە ئەو ئەستێرانە لە هەڵهاتن‌و ئاوابوونیانا تەئثیریان لە دنیادا هەیە • ئەگەرنا ئەگەر شتەکە بە نیشانەیێ دابنرێ کە خودا دایناوە بۆ ئادەمیزاد هەتا لە کارو باری خۆیان بگەن‌و کات‌و شوێن بزانن • بۆ نموونە لە بورجەکانی بەهارا باخ‌و بێستان‌و کشتوکاڵی بەهاری‌و هاوینی پەروەردە بکەن‌و ، لە هاوینا جۆرە کاسبیێکی ترو ، لە پایزدا خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی گەرمەسێرو ، لە زستانا ئاژەڵ بکەنە شوێنی گەرم‌و ••• ئەوە عەیبی تیا نیەو جێگەی قسە نیە • خودا فەرموویەتی : (والشمس والقمر بحسبان)و

فه‌رموویه‌تی : (وعلامات ، وبالنجم هم یهتدون) ، وه‌فه‌رموویه‌تی : (وجعلنا اللیل لباسا وجعلنا النهار معاشا)و فه‌رموویه‌تی : (وآتیناه من کل شیء سببا فاتبع سببا) •

به کورتی : ئایینی ئیسلام هۆشیاران بانگ ئه‌کا بۆ ئه‌وه که هه‌موو کاریۆ هه‌موو کارتێکردنێ له خوداوه بزانن‌و کارتێکردن بۆ هیچ شتێکی تر دانه‌نێن • (وقل : الحمد لله الذي لم یتخذ ولدا ، ولم یکن له شریك في الملك ، ولم یکن له ولی من الذل • وکبره تکبیرا) • ئیتر ئایینی ئیسلام به‌وه رازی نیه که ئینسان جیاوازی له نێوان گه‌رماو سه‌رمادا نه‌کاو ، ته‌ماشای نیشانه‌و ئه‌سباب نه‌کاو ، گوێ به به‌رگری نه‌دا • حاشا ! خودا فه‌رموویه‌تی : (واتوا البیوت من ابوابها) • پێویسته زانایانی هۆشیار ئه‌م ده‌رزانه باش به منداڵانی موسوڵمانان بڵێن تا له مه‌عنای یاسای ئیسلام حاڵی ببن •

﴿ فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (٨٣) وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ ! (٨٤) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ ، وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ (٨٥) فَلَوْلَا إِنْ كُنْتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ (٨٦) تَرْجِعُونَهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ !) (٨٧)

ئه‌ی ئاده‌میزادی سه‌رسه‌خت ئه‌گه‌ر راست ئه‌که‌ن هیچ شتێ له ئارادا نیه هێزی مادییات‌و ئه‌ستێره‌و وه‌زعی رۆزگار نه‌بێ ، خۆ باش ئه‌زانن که ئینسان له هه‌موو شتێ زاناترو ته‌واناتره،ده‌ی بۆچی کاتێ گیان ئه‌گه‌ته گه‌رووی خۆشه‌ویستێکتان‌و له‌وه‌دایه بمرێ‌و ئێوه به ده‌وریدا دانیشتوون‌و ئه‌ڕوانن‌و منیش له ئێوه نزیکترم لێیه‌وه ـ ئه‌گه‌رچی ئێوه نامبینن ـ ئه‌وه بۆچی ئه‌گه‌ر ئێوه له ژێر هێزو ده‌سته‌ڵاتی په‌روه‌ردگارا نین‌و خۆتان شتێکتان پێ ئه‌کرێ

ئەو گیانی شیرینی خۆشەویستی خۆتانە ناگێڕنەوە ؟ ئەوە بۆچی دێڵن بە بەرچاوتانەوە گیانی دەربچێو بسرێ ئەگەر راست ئەکەنو شتێکتان لە بارداپە ؟

جا بزانن خودا پەروەردگاری جیهانە بە کەمو زۆریو ، ئادەمیزدان بەندەی خودانو ، هەرکەسێ ئەمرێ بە فەرمانی خودا ئەمرێ لە کاتی ئاکامی دیاری خۆیداو ، هەرکەسێ کە مرد لەسەر بیرو باوەڕو کردەوەی خۆی رەفتاری لەگەڵ ئەکرێ وەکوو خودا ئەفەرموێ .

(فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ (٨٨) فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ (٨٩) وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ (٩٠) فَسَلَامٌ لَكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ (٩١) وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ (٩٢) فَنُزُلٌ مِنْ حَمِيمٍ (٩٣) وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ (٩٤) إِنَّ هَذَا لَهُوَ حَقُّ الْيَقِينِ (٩٥) فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ) (٩٦)

واتە : پاش ئەوە کە ئەو ئادەمیزادە گیانی دەرچوو ئەگەر لەسەر بیرو باوەڕو کردەوە لە نزیکانی بارەگای خوداو لە کۆمەڵانی پێشکەوتووی مەیدانی خوداپەرستی بێ ئەوە پاداشەکەی ئاسایشو بێنی خۆشو ئارامیيە لە بەرزەخداو ، بەهەشتی خاوەن نیعمەتە لە قیامەتا . وە ئەگەر لە پایەی نزیکانی بارەگای خودا کەمتر بێ بەڵام بیرو باوەڕ باش بێو کردەوەی رێکی حەق بووبێ ، بەم مەعنایە لە یارانی دەستەڕاستو خاوەن پیرۆزی بێ ئەوە سەلام بۆ تۆیە . یا صاحیب یەمین لە (اصحاب اليمين)ەوە واتە لە هاووێنەتەوە . وە ئەگەر لەوانە بێ کە باوەڕی بە ئایینی ئیسلام نەبێو ،

ڕێگەی ڕاستی ونکردبێ •• ئەوە مادەی حەمیمی بۆ ئامادەکراوە لەگەڵ هاوێتنە ناو دۆزەخ لە پاشەڕۆژا •

بێگومان بەشکردن بەم شێوەو بەم سێ بەشە بۆ هۆشیارانو ، بەیانی ئەحواڵیانو ، دیاریکردنی پاداشیان ئەوە لە بەیانە ڕاستەکانە بە (علم الیقین)و بە بێ گومان • دەی ئـەی پێغەمەر تۆ تەسبیحی خودای خۆت بکەو ، پەروەردگاری خۆت بە دوور بگرە لەوەی کە کافرەکان ئەیدەنە پاڵی لـە هاوبەشو هاوڕێ • (تعالى عنه علوا كبيرا) •

سووره‌تی (حـه‌دید) له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌کانه ، بیست‌و نۆ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (زه‌لزه‌له) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(سَبَّحَ لِلهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ . وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ . يُحْيِي وَيُمِيتُ . وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢) هُوَ الأَوَّلُ وَالآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالبَاطِنُ . وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٣)

ته‌سبیحی په‌روه‌ردگاری (واجب الوجود)ی په‌رستراوی به راستی ئه‌کا که ناوی (الله)یه هه‌رچی وا لـه ئاسمانه‌کان‌و زه‌ویدا ، جا هه‌ر شتێ له‌سه‌ر ئه‌و یاسایه دانراوه بۆ ته‌سبیح‌و ته‌قدیس به موناسبی زات‌و صیفاتی خۆی . وه ئه‌و خودایه شیاوه به‌و ته‌سبیحه‌و ئه‌و خودایه خاوه‌ن عیززه‌ته له زاتاو . خاوه‌ن حیکمه‌ته له کرداراو ، هه‌موو ئاسمانه‌کان‌و زه‌وی موڵك‌و دروستکراوی ئه‌ون ، واته : هه‌رچی به‌ره‌وبه‌رزییه‌و ، هه‌رچی به‌ره‌ونزمییه به نیسبه‌تی هه‌موو مه‌وجوودێکه‌وه .. هه‌مووی دروستکراوی ئه‌وه‌و لـه ژێر ده‌سته‌ڵات‌و توانای ئه‌ودایه .

وه ئه‌وه‌نده خاوه‌ن ده‌سته‌ڵاته مردوو زیندوو ئه‌کاته‌وه له قیامه‌تاو ، زیندوو ئه‌مرێنی له دنیادا . وه ده‌سته‌ڵات‌و توانای به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا هه‌یه‌و هه‌موو مه‌وجوودێك له ژێر باری هێزو ته‌وانای ئه‌ودایه . هه‌ر ئه‌وه

پێشکەوتوو لەسەر هەموو مەوجوودێك ؛ چونکی وجوودەکەی زاتییەو لە کەسەوە نیە • وە ئاخرەو دوای هەموو مەوجوودێ هەر ئەمێنێتەوە • واتە : هەر ئەو لەوانەیە بمێنێتەوە لە پاش لەناوچوونی هەموو مەوجوودێ ؛ چونکی وجوودی زاتی لەوانە نیە لەناو بچێ • وە هەر ئەوە لەوانە نەبێ لە هیچ کاتێکدا لـەناو بچێ • وە ظاهیرو ئاشکرایە لەبـەر چاوی ئەوانەدا کـە شوێنەوار ئەکەن بە بەڵگە لەسەر بوونی پەروەردگاری تەوانا • وە باطینە لە بەرچاوی ئەوانەدا کە هەر تەماشای کونهی زات ئەکەن ؛ چونکی ئیدراکی کونهی باری تەعالا لە توانادا نیە ، یان زۆر زەحمەتە •

وە بازێ ئـەڵێن : ظاهیرە لەبـەر عەقڵی مودریکی ئەهلی شوهوودو حوضوورا • وە باطینــە لەبەر عەقڵی ئەهلی بەڵگەهێنانەوە بەشوێنەوارا • لەبەر ئـەوە بەڵگە ئەگەر مووجیبی (علم الیقین)بێ حوضوور مووجیبی (عین الیقین)ە •

وە بازێ ئەڵێن : ظاهیرە لە پاشەڕۆژا لە پاش (رؤية) • وە باطینە لە دنیادا لەبەر مەستووریو غەیبەت •

وە زانایە بە هەموو شتێکیش کەمو زۆرو مادەو مەعنا •

(هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ، ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى العَرْشِ ، يَعْلَمُ ما يَلِجُ فِي الأَرْضِ وَمَـا يَخْرُجُ مِنْها ، وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَـا يَعْرُجُ فِيهـا . وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَمَا كُنْتُمْ . وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٤) لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ ، وَإِلَى اللهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ (٥) يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ ، وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ، وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) (٦)

خودا ئەو خودایە کە لە شەش رۆژدا زەوی‌و ئاسمانەکانی دروست‌ـ
کردووەو . لە پاش ئەوە دەستەڵاتی بەسەر عەرشدا کردووەو ، زانایە بە هەر
شتێ بە زەویدا بڕواتە خوارەوە ؛ وەکوو : تۆوو ، ئاوو ، جڕوجانەوەر •
وە بەوەیش کە لـە زەوی دەرئەچێ ، وەکوو : دارو ، گیاو ، کشت بـە
هەموو جۆرێکیەوە • وە بەوەی کـە لە ئاسمان دێتەخوارەوە وەکوو :
بەفرو . بارانو . تەرزەو . گەزۆو . شۆکەو . نمو ، شەختەو ••• وە بـە
هەرچی بـە ئاسمانا بەرزئـەبێتەوە وەکوو : بوخارو ، باو ، دووکەڵو ،
هەورو . پەلەوەرو ••• وە غەیری ئەمانە وەکوو : سارووخو ، فڕۆکەو ئەو
شتانەی دیکە کە بەرزئەبنەوە ؛ وە لە هەر شوێنێکدا بین خودا لەگەڵتانایەو
خودا بینایە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن •

وە موڵکی ئاسمانەکانو زەوی هەر بۆ خودایەو ، هەموو کارێ هەر
بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە ؛ لەکاتەکانی شەو ئەخاتە سەر رۆژو ، لە کاتەکانی
رۆژ ئەخاتە سەر شەوو . زانایە بەو خەیاڵانە کە بە دڵی ئینسانا ئەگەڕێ ،
ئەو دڵە کە وا لە سینەدا •

(آمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ . وَاَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ
مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ . فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَاَنْفَقُوا لَهُمْ
اَجْرٌ كَبِيرٌ (٧) وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالرَّسُولُ
يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا بِرَبِّكُمْ ، وَقَدْ اَخَذَ مِيثَاقَكُمْ اِنْ
كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ؟) (٨)

باوەڕ بـە خوداو پێغەمەری خـودا بکـەنو . لـەوماڵو دارایيـە
سەرف‌بکەن لە ڕێگەی خودادا کە خودا داویەپێتانو کردوونی بە جێگەداری

پێشینان لە تەسەڕوفکردن تیایانا • بە راستی ئەو کەسانە لە ئێوە کە باوەڕ بە خوداو پێغەمەری خودا ئەکەن‌و لە ماڵ‌و دارایی خۆیان لە رێگەی خودادا خەرج ئەکەن لە پاشەڕۆژدا پاداشێکی گەورەیان هەیە •

وە چ سوودێکتان دەست‌ئەکەوێ کاتێ باوەڕ بە خودا ناکەن کەچی رەهبەری خودایی بانگتان ئەکا بۆ باوەڕکردن بە پەروەردگاری خۆتان‌و خودایش پەیمانی لێ وەرگرتوون ئەگەر ئێوە لەوانەن کە باوەڕ بکەن لەبەر بەڵگەو نیشانەیێ؟ واتە: مادام ئێوە لەوانەن‌کە چاوەڕێی دەلیل‌و (موجب)بکەن بۆ باوەڕکردن موجیب لەوە باشتر نابێ کە پێغەمەری خودا بە فەرمانی خودا بانگتان ئەکا بۆ باوەڕکردن‌و خودا عەقڵ‌و زانستیشی پێداون‌و سوودو زیان لە یەك جیا ئەکەنەوە •

(هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَى عَبْدِهِ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ، وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَؤُوفٌ رَحِيمٌ (٩) وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ؟ لَا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ ، أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا ، وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى ، وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٠) مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ ؟) (١١)

خودا خودایەکە ئایەتی خۆی ئەنێرێتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمەری خۆی هەتا لە تاریکستانی نەزانی‌و بێ‌باوەڕی دەرتان بکا بۆ رووناکی زانیاری‌و ئیمانداری • وە بێگومان خودا زۆر میهرەبان‌و خاوەن رەحمەتە •

چیتان ده‌ست ئه‌که‌وێ که ئێوه ماڵ سه‌رف ناکه‌ن له ڕێگه‌ی خودادا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا هه‌ر ماڵو دارییه‌ك له زه‌وی‌و ئاسماندایه هه‌مووی بۆ خودایه‌و موڵکی ئه‌وه‌و ئه‌توانێ ده‌رگای ڕێژه‌نی بکاته‌وه له هه‌ر که‌سێ خواستی لێ بێ ؟ وه بزانن وه‌کوو یه‌ك نین ئه‌وانه که ماڵی خۆیان له پێش فه‌تحی مه‌که‌دا خه‌رج کردوه له ڕێگه‌ی خوداداو جه‌نگیان له‌گه‌ڵ کافرانا کردوه له پێش فه‌تحدا له حاڵی لاوازی موسوڵمانانا •• وه‌کوو یه‌ك نین له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌دا که له پاش فه‌تحی مه‌که ماڵی خۆیان صه‌رف ئه‌که‌ن‌و جه‌نگ له‌گه‌ڵ کافرانا ده‌که‌ن له ڕێگه‌ی خودادا • ئه‌وانه که له پێش فه‌تحدا ماڵو گیانیان به‌خت ـ کردوه پاداشیان زۆرتره‌و ، پایه‌یان له لای خودا گه‌وره‌تره له‌وانه که له پاش فه‌تح ماڵیان صه‌رف کردوه‌و مه‌یداندارییان کردوه • وه خودا واده‌ی پله‌ی به‌رزو پاداشی چاکی به هه‌ردوو لایان داوه‌و ، خودا ئاگای له هه‌موو کرده‌وه‌کانی ئێوه هه‌یه •

ئه‌وه کێیه ئه‌و به‌ختیاره که قه‌رز ئه‌دا به خودا به قه‌رزێکی جوان ؟ واته له ڕێگه‌ی خودادا بێ هیچ مه‌به‌ستێك‌و دوور له هه‌موو هیوایه‌ك جگه له ڕه‌زامه‌ندی خودا •• هه‌تا خودا پاداشی دووقات بکاته‌وه . یا پاداشی چه‌ندان قات بداته‌وه ، له دوو ده‌ره‌جه‌وه هه‌تا ده ده‌ره‌جه هه‌تا حه‌وصه‌د هه‌تا زیاتر ••• له‌سه‌ر میهره‌بانی خۆی • وه ئه‌و پاداشه که خودا ئه‌یدا به‌وانه که قه‌رز ئه‌ده‌ن به خودا ، ئه‌و پاداشه له گیانی خۆیا به بێ چه‌ندقات ـ کردنه‌وه پاداشێکی خاوه‌ن ڕێزو نرخه چ جای ئه‌وه که‌چه‌ند قات ببێته‌وه •

(يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُمْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ : بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ؛ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٢)

يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ والْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا : انْظُرُونَ نَقْتَبِسْ مِنْ نُورِكُمْ ! قِيلَ : ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُوراً ! فَضُرِبَ بَيْنَهُمْ بِسُورٍ لَهُ بَابٌ ، بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ ، وظَاهِرُهُ مِنْ قِبَلِهِ الْعَذَابُ (١٣) يُنَادُونَهُمْ : أَلَمْ نَكُنْ مَعَكُمْ ؟ قَالُوا : بَلَى ولَكِنَّكُمْ فَتَنْتُمْ أَنْفُسَكُمْ . وتَرَبَّصْتُمْ وارْتَبْتُمْ ، وغَرَّتْكُمُ الأَمَانِيُّ حَتَّى جَاءَ أَمْرُ اللهِ ، وغَرَّكُمْ بِاللهِ الغَرُورُ (١٤) فَالْيَوْمَ لا يُؤْخَذُ مِنْكُمْ فِدْيَةٌ ، ولا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا . مَأْوَاكُمُ النَّارُ ، هِيَ مَوْلاكُمْ ، وبِئْسَ الْمَصِيرُ } (١٥)

واته : ئەو پاداشە بەنرخە هەیە بۆ موسوڵمانەکان لەو ڕۆژەدا کە موسوڵمانەکان لە حاڵێکدا دەبینی ڕووناکییان وەکوو چرا لە بەردەمیانەوە یا لە لای ڕاستیانەوە لەگەڵیانا دەگەڕێو ، لە لایەنی فریشتەوە پێیان ئەوترێ : موژدەتان بێ بە چەن بەهەشتێ کە لە ژێر دارەکانیانەوە جۆبار ڕەوان ئەبێو ، حاڵیان وایە بە هەمیشەیی تیایانا ئەمێننەوە . دیارە ئەمە گەیشتنە بە پایەیەکی گەورە لە لای خوداوە .

بزانن ! تەفسیری ئەو (نور)ە بە ڕووناکی مادی وەکوو ڕووناکی چرا ظاهیری ئایەتەکەیە . وە مادام ئایەتەکە بە ظاهیر ئەوە ئەگەیەنێ ئیتر تەئویلکردنی ئەو نوورە بە (هیدایەت) یا بە بیرو باوەڕو کردەوەی باش لە عەقڵەوە دوورە .

لە ئیبن‌ومەسعوودەوە دەگێڕنەوە : کە ئەو نوورەیان بە ئەندازەی کردەوەیان پێ‌ئەدرێ ؛ هەندێ کەس نوورەکەیان بە قەد دارخورمایەکەو ، هەندێ کەس نوورەکەیان بە قەد پەنجەگەورەی پێیەتی .

وه قه‌تاده ئه‌ڵێ : بۆمان گێڕراوه‌ته‌وه که : حه‌زره‌ت ـ د ـ فه‌رموویه‌تی : هه‌ندێ له موسوڵمانان نووره‌که‌ی ئه‌وه‌نده به‌هێزه نێوانی مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره‌و شاری عه‌ده‌ن رووناك ئه‌کاته‌وه‌و ، هه‌ندێ که‌س نووره‌که‌ی له‌وه که‌متره . تا بازه که‌سێکیان نووره‌که‌ی ئه‌وه‌نده کزه به‌س به‌رپێی رووناك ئه‌کاته‌وه ، بۆ ئه‌وه که به‌سه‌ر پردی صیراطا رابورێ .

وه حه‌سه‌ن ئه‌فه‌رموێت : ئه‌و نووره‌یان بۆ ئه‌وه‌یه که به‌رپێی خۆیان ببینن‌و رێگه‌ی صیراط ده‌ربکه‌ن .

وه ئه‌و رۆژه که موسوڵمانه‌کان وه‌ها ئه‌بینی پیاوو ژنه مونافیقه‌کانیش ئه‌بینی که به موسوڵمانه‌کان ئه‌ڵێن : بۆمان بڕوانن‌و لایه‌کمان به‌لادا بکه‌نه‌وه به‌ڵکو تروسکاییه‌ك له‌و رووناکی به‌رده‌می ئێوه وه‌ربگرین‌و رێگه‌ی خۆمان بدۆزینه‌وه ! جا له لایه‌نی فریشته‌کانه‌وه ، یا له لایه‌نی موسوڵمانه‌کانه‌وه پێیان ئه‌وترێ : بگه‌ڕێنه‌وه بۆ دنیا له‌وێوه چرای رووناکی به‌رده‌می خۆتان وه‌ربگرن ! واته : ئه‌و رووناکییه له به‌نده‌یی‌کردنی دنیاوه بۆ خودا بۆ ئێمه په‌یدا بووه‌و ، ئێوه به‌نده‌ییتان بۆ خودا نه‌کردو ، هه‌لی خۆتان له‌کیس دا ، تازه له‌وانه نیه ئێوه رووناکی وه‌ربگرن .

وه له پاش ئه‌م پرسیارو وه‌ڵامی نێوان موسوڵمان‌و مونافیقانه په‌رده‌یێ له نێوانیانا دروست ئه‌بێ‌و ئه‌و په‌رده ده‌رگایه‌کی تیایه ، له‌ودیوی ده‌رگاکه‌وه ره‌حمه‌ت‌و به‌هه‌شت‌و شادمانییه ، وه لای ده‌ره‌وه‌یشی که مونافیقه‌کانی تێدایه سزاو دۆزه‌خ‌و نائاسایشی‌و نه‌گبه‌تییه (په‌نا به خودا !) .

جا مونافیقه‌کان له‌و دیوی په‌رده‌که‌وه بانگ له موسوڵمانه‌کان ئه‌که‌ن : ئایا ئێمه له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا نه‌بووین‌و هاوڕێ نه‌بووین ؟ ئێسته بۆچی ئێوه ئه‌ڕۆن بۆ به‌هه‌شت‌و ئێمه بۆ دۆزه‌خ ؟ ئه‌وانیش له وه‌ڵامدا ئه‌ڵێن : به‌ڵێ

لەگەڵ ئێمەدا بوون بە شێوەو دیمەن نەك بە راستیو دڵو بیرو باوەڕ ؛ چونکە بە نیفاقو دووڕوویىو بێباوەڕی خۆتان گیرۆدە کردو کەوتنە شوێن دوودڵی لە دنیاداو ، لەسەر ئەو شێوە بەدە مانەوەو هیواو ئارەزووی پڕوپووچ ئێوەی بایی کرد ، هەتا فەرمانی خودا هات بۆ مردتتان • وە بایی‌بوونو شەیتان بایی‌کردن بە خوداو میهرەبانیو بەخششی خودا •

مادام بەدییەکەتان لە خۆتانەوە بوو ئەمڕۆ هیچ واسیطەیەکتان لێ وەرناگیرێو ، فیدیەو هاوارو پاڕانەوەیش سوودێ نادەن • وەك چۆن فیدیە لە ئێوە وەرناگیرێ هەروا فیدە لە کافرەکانیش وەرناگیرێو هەمووتان شوێنتان دۆزەخەو ئاگر دۆستتانەو ئەتانکاتە باوەش ! وە ئاگری دۆزەخ مەڵبەندێکی زۆر ناهەموارە •

﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللهِ وما نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ ، ولا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ ، فَطَالَ عَلَيْهِمُ الأَمَدُ ، فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ؟ وكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (١٦) اعْلَمُوا أَنَّ اللهَ يُحْيِي الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ، قَدْ بَيَّنَّا لَكُمْ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ (١٧)

ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ ئەوانە کە باوەڕیان کردوە بە خوداو پێغەمەری خودا کە دڵیان بترسێو دانەوێو ئامادە بێ بۆ زیکری خوداو پەیڕەوی قورئانی پیرۆزو ؟ بە وێنەی ئەوانە مەبن کە لە پێش ئێوەدا کتێبی ئاسمانییان پێدرابوو ماوەیەکی زۆریان بەسەرا رۆییو ، دڵیان رەق‌بوو ، وە گەلێ کەس لەوانە لە دینەکەی خۆیشیان لایانداوە •

بزانن ! کە خودای تەعالا خاکی تۆزاوی وشکی بێفەڕ بە بارانی رەحمەت زیندووئەکاتەوەو ، دارو ، گیاو ، گوڵو ، کشتوکاڵی تێدا

ئه‌ڕوێنێ • وه ئـه‌و خودایه ته‌وانایه کـه ئێوه‌یش لـه پاش مردن زیندوو بکاته‌وه • به ڕاستی هه‌موو به‌ڵگه‌و نیشانه‌کانی گه‌وره‌یی خودامان بۆ ڕوونالك کردنه‌وه به هیوای ئه‌وه هۆش بکه‌نه‌وه‌و له (ڕاستی) بگه‌ن •

عه‌بدوڵلا ـخ ـ ئه‌ڵێ ؛ له نێوان موسوڵمانبوونی ئێمه‌و عیتابی خودادا له ئێمه به‌م ئایه‌ته ته‌نها چوار ساڵ هه‌بوو • واته : ئێمه که موسوڵمان بووین له گه‌دایی‌و بێ نه‌وایی‌و هه‌ژاریدا بووین‌و به دڵسۆزی ئیشمان ئه‌کرد ، کاتێ ده‌رگای نیعمه‌تمان لێکرایه‌وه که‌وتینه ڕابواردنه‌وه ؛ جا خودا به‌م ئایه‌ته عیتابی لێ گرتین •

(إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ (١٨) وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ ؛ وَالشُّهَدَاءُ عِنْدَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ . وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ) (١٩)

ئه‌و پیاوو ژنانه که صه‌ده‌قه‌ی واجب ئه‌ده‌ن له ڕێگه‌ی خودادا بـه پێشیاوان وه‌کوو زه‌کاتی ماڵ ، یا صه‌ده‌قه‌ی سوننه‌ت ئه‌ده‌ن به داماوان‌و ، قه‌رز ئه‌ده‌ن به خودا به قه‌رزی حه‌سه‌نه ، واته : خێری سوننه‌ت نه‌ك واجب ئه‌ده‌ن بـه داماوان •• ئه‌مـانه پاداشیان بۆ چه‌ن قات ده‌کرێته‌وه‌و ، لـه پاشه‌ڕۆژا پاداشێکی به‌نرخیان هه‌یه‌و ، ئه‌و که‌سانه کـه بـه بێ دوودڵی باوه‌ڕیان به خوداو پێغه‌مه‌رانی خودا کردوه ئه‌وانه که‌سانێکن بـه ناوی (صدیق) ڕاستگۆ ناسراون . چونکه باوه‌ڕیان به ڕاستی کردوه‌و شوێنی که‌وتوون به بێ زه‌حمه‌ت • وه ئه‌وانه‌یش که له ڕێگه‌ی خودادا کوژراون

ئەوانەیش بە شوهەدا ناسراون ؛ چونکی حازری جەنگ بوون لە ڕێگەی خودادا • یاخود پاش کوژرانیان فریشتە لە لایان حازربوە • وە هەر وەکوو لە ناو موسولمانانا بە شەهید ناسراون بە لای خودایشەوە هەر وا ناسراونو ، ئەم شەهیدانە پاداشی خۆیان لە لای خودای خۆیان هەیەو ، لە پاشەڕۆژدا ڕووناکی بەردەمو لای ڕاستیان هەیە • وە ئەو کەسانە کە کافربوونو باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نەکردوە ئەوانە لە دۆزەخدان لە پاشەڕۆژاو یارو یاوەری ناو دۆزەخنو ئەوە بەشو بارەیانە •

(اعْلَمُوا أَنَّمَا الحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ .وَتَكَاثُرٌ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلادِ كَمَثَلِ : غَيْثٍ اَعْجَبَ الكُفَّارَ نَبَاتُهُ . ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا.ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا. وَفِي الآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ ، وَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللهِ وَرِضْوَانٌ ، وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الغُرُورِ (٢٠)

سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ . اُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللهِ وَرُسُلِهِ ، ذَلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ ، وَاللهُ ذُو الفَضْلِ العَظِيمِ) (٢١)

خودای تەعالا بەم ئایەتە ئامۆژگاری ئادەمیزادو هۆشیارانی تر ئەکا بۆ ئەوە کە لە حاڵی فەرامۆشی لە خوداو پێغەمەر دەرچنو ، هۆش بکەنەوەو فەرمانبەری خوداو پێغەمەر بکەنو ، ئەفەرموێت : بزانن ! بە ڕاستی ئەم ژیانی دنیاو ئەم ماوەی ژیانە کە ئەم قەرەباڵغە بێ‌ئاگا تەواوی ئەکەن ماوەیەکە ڕائەبوێرێ لە (لعب)دا کە کارێکە ئینسان ماندوو ئەکاو ئەنجامێکی بەرزیشی نیەو ، لە لەهوا کە خۆرزگارکردنە لە مەسئوولییەت بە هۆی

نوستنو رابواردنو سەرخۆشبوونو ... لە زینەتا کە خۆجوانکردنە بە نەفسی خۆی ، یا بەرگو پۆشاکی ، یا خانەدانو شوێنی ، یا وڵاخی سواریو شتو مەکی دیکەی . هەروەها ئەم ژیانی دنیایە رائەبوێرێ بە تەفاخور لە نێوان یەکداو ، بە زۆرگردکردنەوەی دارایيو نەوە بە هۆی ژنو ژنخوازییەوە . وە ئەم ژیانی دنیایە وەکوو نموونەی بارانێکە بباریو گیاو کشتوکاڵ برووێنێ ، بە شێوەیێ کە جووتیارو کیشاوەرزەکان بخاتە سەرسوڕمانەوە ، یا ئەو کافرانە کە پەیوەندییان لەگەڵ دنیادا زۆرە . وە لە پاش ئەو سەوزبوونەی بکەوێتە لقولێدانو بەرزەوەبوونو ، گوڵکردنو پێگەیشتن . کەچی لەو کاتەدا تەماشای ئەکەی ئەبینی زەردهەڵئەگەڕێ ، پاش ماوەیێ وشك ئەبێو لە زەویدا ئەکەوێ . وە ئەو کەسانە کە ژیانەکەیان ئاوا بە بێسوود بەسەر ئەبەن بە بێ دەسمایە ئەمرنو ، لە جێگەی نەبڕاوەی پاشەڕۆژیشدا سزای سەختە بۆ کافرانو تاوانبارانو ، تاوانبەخشینو رەزامەندییە بۆ موسوڵمانان . جا کە هاتین تەماشای دنیاو ئەنجامەکەیان کرد تێئەگەین کە ژیانی دنیا هەر رابواردنێکە لە ئەنجامدا ئەبێ بە هۆی بایيبوون .

ئەی هۆشیارەکان ! تێکۆشن لە پێشکەوتنو کێبەرکێدا بۆ لای تاوانبەخشی خودای خۆتانو بۆ چوونەناو بەهەشتێ کە ماوەی گوشادی ئەو بەهەشتە وەکوو ماوەی ئاسمانو زەوییە . ئەو بەهەشتە کە ئەمە شێوەو چۆنیەتییەتی ئامادە کراوە بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان کردوە بە خوداو بە پێغەمەری خودا . ئەم بەهەشتەو گەیشتن بەم بەهەشتە فەضلو میهرەبانییە لە لایەنی خوداوە ئەیدا بە هەرکەسێ خۆی ئارەزووی ببێ . وە خودای تەعالا خاوەنی فەضلو میهرەبانی گەورەیە بە جۆرێ کە میهرەبانی ئەو ئەگا بە هەموو جیهانا .

بزانن ! ئەم تەشبیهە بۆ ژیانی دنیا کە خودا بەیانی کرد بۆ ژیانی دنیای بێئاگاو بێهۆشانە ، ئەگەرنا دنیای ئینسانی هۆشیاری ئاگادار هەر لـە یەکەم ماوەی ئینسانەوە زانیاریو ، دینو دینداریو ، عەقڵو هۆشیاریو خزمەتە بە کۆمەڵی ئادەمیزاد بە میهرەبانیو دڵسۆزیو ، ئیصلاحە لە ناو خەڵکداو ، صیلەی رەحمـەو ، بڵاوکردنەوەی خوو رەوشـتی بـەرزەو ، ریشەکێشکردنی رەوشـتی پەسـتو بـەدە • وە بـە نیسـبەتی خـاوەن دەستەڵاتەکانەوە هەموو ئەمانە دەرئەکەون لە : دادگەریو ، چاکەکردنو ، بەجێهێنانی ئەحکامی ئیسـلام لـە بیرو باوەڕاو ، لـە کردەوەی خێرو ، دوورکەوتنەوە لـە شـەڕا ••• بـە کورتی ئـەم دنیـایە وەکوو جێگـەی کشتوکاڵێکە کە بەرەکەی نەبڕێتەوە • وەکوو حەزرەت فەرموویەتی : دنیا جێگەو شوێنی کشتی پاشەڕۆژە • وە خودا فەرموویەتی : (قل : من حرم زینة الله التی اخرج لعباده والطیبات من الرزق ؟) • کـە واتە پێویستی سەرشانی ئادەمیزادی هۆشیارە کە لە دینو دنیادا میانە بێو بە میانە ژیان بەرێتە سەر •

ئەو کەسە ئەژی لەسەر ئیعتیدال
بەختیارێکە ئـەژی بێ مـەلال
دینی وافییـە ، ژینی کافییـە
حاڵی لە دەردو زەحمەت صافییە
بە بێ ژیواری موناسب بۆ (حاڵ)
ئیقـامەی ئایین مەحاڵە مەحاڵ
بە بێ ئایینێ دامەزرێ لە دڵ
پیرۆزی بۆ تۆ موشکڵە موشکڵ
هەرگیز نەمانبیست رەسوولی رەهبەر
مەنعی کەس بکا لە کەسبی بەفەڕ

ئەو (ذو النورين)ە بە ماڵی دنیا
دوو جاری بەهەشت وەرگرت لە خودا
ئەو ئیبنو عەوفە دارای ئەموال بوو
لە بەر صەدەقات روو لە کەماڵ بوو
(اليد العليـا خير) مەشهوورە
لە ناو کتێبی ساغا مەسطوورە
ژیوارو ، کارو ، تەعمیرو ، طاعەت
بە بێ دارایی زەحمەتە زەحمەت
بە درۆ مەبن بە سەرباری کەس
بین بە مەردی فەردی فریادرەس
بین بە چرای رووناکی جیهان
ماڵتان ببەخشن ئاشکراو پەنهان
ئەو تیکە نانە ئەیدەن بە فەقیر
ئەبێ بە مایەی رزگاری ئەسیر
(نامی) وەصیەتی ئەمەیە بۆتان
بەهەشت وەربگرن بە ماڵ بۆ خۆتان

(ما أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ ولا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ
فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا، إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيرٌ (٢٢)
لِكَيْلا تَأْسَوْا على ما فَاتَكُمْ ، ولا تَفْرَحُوا بِمـا آتاكُمْ ، واللهُ
لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ (٢٣)
الَّذِينَ يَبْخَلُونَ ويَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ ، ومَنْ يَتَوَلَّ
فَإِنَّ اللهَ هُوَ الغَنِيُّ الْحَمِيدُ) (٢٤)

ئەوەی بە هەرکەسێ بگا لە سەر زەوی لە بەڵاو مەینەت . وەکوو بێ بارانیو . زیانیماڵیاتو ، تەرزەی باخاتو ، کوللەی کشتوکاڵ . یا لە لەشی خۆتانا بێ ، وەکوو : سەرئێشەو ، گوێئێشەو ، دانئێشەو ... هەمووی وا لە نووسراوی خودادا کە صەفحەی (لوح المحفوظ) ە ، لە پێش ئەوەدا ئەو مەینەتە روو بداو بقەومێ . وە بێگومان نووسینی شتی وەها لای خودا ئاسانە . جا مادام پێش رووداني کارەساتەکە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوەو گۆڕانی تێدا نابێ ئیتر خەم مەخۆن بۆ شتێ کە لە دەستان دەرئەچێو ، شادیش مەبن بەوەی کە خودا پێیدان . وە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە خاوەنی فیزو دەمارن ، کە ئەوانەیش ئەو کەسانەن کە وا رژدی ئەکەن دەربارەی خۆیانو ماڵو خێزانیانو ، بە خەڵکیش ئەڵێن کە رژدی بکەن . وە هەرکەسێ پشت هەڵبکا لە خەرجکردنی ماڵا لە رێگەی رەوادا ، ئەوە بزانن خودا ئەو کەسەی ناوێ ؛ چونکی خودا دەوڵەمەندەو ، ستایشی ئەکرێ لە کارەکانیا . وە هەرکەسێ بە پێچەوانەی دڵخوازی ئەو ئینسانە خاوەن سەخاوەتانەوە کار بکا ئەوە خودا بێنیازە لەو کەسە ، با بۆ کوێ ئەڕوا بڕوات .

(لَقَدْ اَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ ، وَاَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ ، لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ، وَاَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ ، وَلِيَعْلَمَ اللهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ ، اِنَّ اللهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ) (٢٥)

ئێمە هەرگیز ئادەمیزادمان فەرامۆش نەکردووە ، بێ سەرپەرشتیکەر بەرەڵامان نەکردوە ؛ بەڵکو هەمیشە پێغەمەرەکانی خۆم لەگەڵ موعجیزاتا بۆ ناردوونو ، کتێبیشم لەگەڵ پێغەمەرەکاندا ناردووە . هەروەها میزانیشم بۆ

ناردوون ، بۆ ئـەوە کە ئادەمیزاد خەریکی جێبەجێکردنی حـەق بن بـە عەدالەت •

جا لەبـەر ئەوە کـە کتێبمان نارد بۆ بەیانی ئەحکام لـە بیروباوەڕو کردەوەداو . میزانیشمان نارد بۆ تەتبیقی عەدڵو ، ئادەمیزادیش زۆربەیان سەرکێشی ئەکەن لە جێبەجێکردنی عەدلداو ، پێویستە هێزێ بێ کە بـە دەستی خاوەن حوکـمو حیکمەتەوە بێ . تا بتوانێ سەرکێشەکان رام بکا •• ئاسنیشمان بۆ ناردنەخوارەوە هەتا تیروکەوانو چەکی پاڵەوانی لێ دروست بکرێو . بەکارببرێن بۆ ئەوە عالەم دامەزرێ ، چونکە ئەو ئاسنە زەحمەتێکی زیادی تێدایە ، وە لە لایەکی تریشەوە قازانجێکی زۆری تێدایە :

یەکەم : ئاسن وەکوو بۆ چەك باشە بۆ قاپو قاچاخو ، چەقۆو ، بێڵو . تەورو ، تەورداس بەکاردێ •

دووهەم : ئاسن مادەیەکە زۆر دەوام ئـەکا ، هەموو رۆژێ ئینسان پێویستی بە تازەکردنەوەی چەك نابێ •

ئەمانەم کرد بۆ بەجێهێنانی عەدالەتو بۆ ئەوەیش هەتا عیلمو زانستمان تەعەللوق ببەستێ بەو کەسانەوە کە یارمەتی دینی خوداو پێغەمەری خودا ئەدەن بـە بێ چاوکەوتن بە خودا ، بـە راستی خودا خاوەن هێزو خاوەن عیززەتە •

بزانن ! لـە تەفسیری (وانزلنا الحدید)دا فـەرموویانە : (وخلقنـا الحدید)و (وانشأنا الحدید) • ئیتر مانای ناردنەخوار مەبەست نیە • وە هەندێ وتوویانە : کە کاتی خۆی ئەم زەوییە زۆر گەرمو بە جۆش بووە ، گەلێ بورکانی تێـدا بووەو ، مادەی مەعادین بەو گەرما بەتینە تواوەتەوە . جاربەجاریش هـەر بوە بـە تـەمو مژ ، وە بەرزبوەتەوە ، جا داپەڕیوەتە

خوارەوە وەکوو باران بۆ ناو چاڵو چۆڵی زەوی • جا ساردبوەتەوەو بوە بەم کانانە کە ئیستە هەن ، وەکوو ئاسنو ، مسو ••• (واللە اعلم) •

(ولَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً وَإِبْرَاهِيمَ ، وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ ، فَمِنْهُمْ مُهْتَدٍ ، وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (٢٦) ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا ، وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ، وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ ، وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا . مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ ، فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ، فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ . وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ) (٢٧)

بە راستی ئێمە نووحمان رەوانە کردو ، لە پاش زەمانی ئەو ئیبراهیممان رەوانە کردو ، لە نەتەوەی ئەوانا رەهبەریو کتێبی ئاسمانیمان بڕیار دا • جا هەندێ لەو گەلە هیدایەتیان وەرگرتو • زۆریشیان لایان دا لە وەرگرتنی ئەحکامی خودا • پاش ئەوان چەن پێغەمەرێکمان بە شوێن ئەوانا هێنا • وە لە پاش ئەوانیش عیسای کوڕی مەریەممان بە رەهبەری هێناو کتێبی ئینجیلمان بۆ ناردەخوارەوە • وە لەناو پەیڕەوەکانی عیسادا میهرەبانیو خۆشەویستیو یەکیەتیمان دانا • وە ئەو پەیڕەوانە بە بیری خۆیان بۆ زیادەبەندەیی‌کردن رەهبانییەتیان دامەزراند ، کە بریتی بووە لە کەنارگرتن لە ئادەمیزادو ، داکەوتن بە کەمێ لە خوارادەمەنیو ، دوورکەوتنەوە لە ژنو منداڵو ، وازهێنان لە رابواردنی دنیایی • وە ئێمە ئەم رەهبانییەتەمان لەسەر دانەنابوون ، بەڵام ئەوان خۆیان گرتبوویانە

ئەستۆی خۆیان لەبەر داوای ڕەزامەندی خودای تەعالا بە هۆی دوورکەوتنەوەوە لە ئەسبابی بێئاگایی‌و خۆ ساغکردنەوە بۆ بەندەیی ، کەچی چاودێرییان نەکردو وەفایان نەکرد بەوەی لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو ، وە زۆریان لە یاسای ئایین دەرچوونو ، لە باتی ئەوە کە لە راستانو راستگۆیان بنووسرێن لە درۆزنان نووسران . بەڵام ئەگەر بە راستی وەفایان بەوە بکردایە کە گرتبوویانە ئەستۆی خۆیان ئەوە ئێمە بە باشمان ئەزانی ؛ چونکی لە بابەتی بەندەیی بوو . جا ئێمە دامان بەو کەسانە کە باوەڕیان هێنابوو بە خوداو بە عیسای مەسیحو ، لە زەمانی پێغەمەری ئاخرزەمانیشا ئیمانیان بەویش هێنا تەواوی پاداشێ کە بوویان بەرابەر بەو بەندەیی‌و رەهبانییەتە . وە زۆریان لە یاسای راستی ئەو عیبادەتە دەرچوونو بە فاسق نووسران .

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وآمِنُوا بِرَسُولِهِ ، يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِنْ رَحْمَتِهِ . ويَجْعَلْ لَكُمْ نُوراً تَمْشُونَ بِهِ . ويَغْفِرْ لَكُمْ . واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٢٨) لِئَلاَّ يَعْلَمَ أَهْلُ الْكِتابِ أَلاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِنْ فَضْلِ اللهِ . وأَنَّ الفَضْلَ بِيَدِ اللهِ ، يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاءُ . واللهُ ذُو الفَضْلِ العَظِيمِ) (٢٩)

ئەی ئەهلی کتێبێ کە باوەڕتان بە پێغەمەرە پێشوەکان هێناوە ! لە خودا بترسنو باوەڕ بە پێغەمەری ئاخرزەمانیش بکەن کە مووساو عیسا مژدەیان بە هاتنی داوە . ئەگەر وا بکەن خودا بە میهرەبانی خۆی دوو

بەشتان ئەداتێ ؛ بەشێ لەسەر باوەڕ بە ئایینە پێشوەکەتانو ، بەشێکیش لەسەر باوەڕ بەم ئایینەو ڕەهبەرەکەی • وە ڕووناکیەکیشتان ئەداتێ وەکوو ئەیدا بە موسوڵمانانی ئایینی ئیسلامو ، تاواتتان ئەبەخشێ ، وە خودا تاوانبەخشو میهرەبانە • هەتا ئەهلی کیتاب بزانن کە توانایان بەسەر هیچ جۆرە بەهرەیێ لە بەهرەکانی خودادا نیە ، وە ئەو بەهرانە بە دەست خودان ئەیاندا بە هەرکەسێ کە خۆی خواستی لەسەری بێ ، وە خودای تەعالا خاوەنی بەشو بەهرەو زیادەبەشی گەورەیە •

سوورەتی موجادەلە ، لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، (٢٢) ئایەتە ، دوای سوورەتی (موونافیقوون) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّتِي تُجادِلُكَ فِي زَوْجِها وتَشْتَكِي إِلى اللهِ . واللهُ يَسْمَعُ تَحاوُرَكُما ، إِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (١) الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسائِهِمْ ما هُنَّ أُمَّهاتِهِمْ ، إِنْ أُمَّهاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ ؛ وإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَراً مِنَ الْقَوْلِ وزُوراً ؛ وإِنَّ اللهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ (٢) والَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِسائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِما قالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَماسَّا . ذلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ . واللهُ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٣) فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيامُ شَهْرَيْنِ مُتَتابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَماسَّا ، فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعامُ سِتِّينَ مِسْكِيناً ذلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللهِ ورَسُولِهِ ، وتِلْكَ حُدودُ اللهِ ، ولِلْكافِرِينَ عَذابٌ أَلِيمٌ) (٤)

بە راستی خودای تەعالا وتەو موجادەلەی ئەو ژنەی بیست کە دەربارەی وتاری مێردەکەیو سوێندەکەی موجادەلەی ئەکردو ، شکاتی خۆی بۆ لای خودا دەبرد . لەو کاتەدا کە تۆ پێت ئەوت : لە مێردەکەت حەرامبوویت . ئەویش ئەیوت : تەلاقی نەداوم . وە خودا گوێی لە وتاری هەردووکتان بوو ، خودا بیسەری وتارەو بینەری خاوەنەکەیەتی .

ئەو کەسانە لە ئێوە کە (ظهار) لەگەڵ ژنەکانیانا ئەکەنو پێیان ئەڵێن:

(تۆ لەسەر من وەکوو پشتی دایکم وای) ئەو ژنانە دایکی ئەوان نین ، دایکی ئەوان تەنها ئەو ژنانەن کە ئەوانیان بوەو ، بێگومان ئەو پیاوانە قسەیەکی وا ئەکەن کە شەرع پێی رازی نیەو قسەیەکی درۆ ئەکەن . وە بــە راستی خودا میهرەبانو تاوانبەخشو خاوەن عەفوە .

وە ئەو کەسانە کە ظیهار لەگەڵ ژنەکانیانا ئەکەنو لە پاشان پەشـیمان ئەبنەوەو ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو قسە کردوویانە بە (تــدارك) . واتــە : بــە چارکردنی ئەو قسە ، بەم جۆرە کە ژنەکە هەر ژنی بێو قسەکە زیانی نەبێ.. ئەوە لەسەری پێویست ئەبێ ئازادکردنی بەندەیەکی بێعەیب ، لە پێش ئەوەدا کە ئەو پیاوو ژنە بەیەك بگەن ، واتە جیماع بکەن . وە ئەم حوکمە کە باسمان کرد ئامۆژگاری ئێوەی پێئەکرێو خودا ئاگادارە لەســەر ئــەوەی ئێوە ئەیکەن . جا ئەگەر کەسێ بەندەی دەس نەکەوت ئازادی بکات ئەوە پێویستە دوو مانگ بەڕۆژوو بێ ، ڕۆژووی لەسەر یەك و ، ئەبێ نــاوبڕی نەکەوێ . پێش ئەوە بگەن بە یەك . وە ئەم فەرزی ڕۆژووە لەسەرتان بۆ ئەوەیە کــە بچنە ژێر باری ئەحکامو باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا دابمەزرێ ، چونکە تەتبیقی ئەحکام نیشانەیە لەسەر باوەڕ بە خاوەن حوکمــەکە . وە ئەمەی کە بۆ ئێوەی باس ئەکەین ســنوورێکە خودا بۆی دامەزراندووەو کردوویەتی بە بەڵگەی ڕاستی موسوڵمان لە ئیمانو ئیسلاما . وە هەیە بۆ ئەوانە کافرنو گوێ بە حوکمی خودا نادەن سزایەکی سەختو بەئازار .

دەگێڕنەوە لە خەولەی کچی مالیکی کوڕی ثەعلەبەوە ـخـ ئەڵێ: ئەوسی کوڕی صامیتی مێردم ظیهاری لەگەڵاکردم ، منیش هاتمە خزمەت پێغەمەر ـ د ـ شکاتم کرد ، پێغەمەر ـ د ـ موجادەلەی لەگەڵاکردمو فەرمووی : لە خودا بترسە ئەوس ئامۆزاتە ! خەولە ئەڵێ : لەو شوێنە لانەچووم تا خودا (قد سمع الله ...) تا حوکمی ظیهاری ناردەخوارەوە . پاش ئەوە پێغەمەر

فەرمووی : ئەبێ ئەوس بەندەیێ ئازاد بکا . خەولە عەرزی کرد : نیــەتی • ئینجا پێغەمەر فەرمووی : دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو بێ ، خەولە وتی : ئەوس پیاوێکی پیرەو توانای رۆژووگرتنی نیە • پێغەمەر فەرمووی : خۆراکی شەصت گەدا بدا • خەولە وتی : هیچی نیە بیکا بە خێرو بیدا بــە گــەدا • خەولە دەڵێ : لەو کاتــەدا هێشوویێ خورمــایان هێنا . منیش وتم : ئــەی پێغەمەری خودا منیش هێشوویەکی ئەدەمێ . پێغەمەر فەرمووی : چاکت کرد، برۆ بەشی شەصت گەدای لێ بدەو ، بگەرێرەوە بۆ لای ئامۆزات •

وە کاتێ حەزرەت ـــ د ـــ هەواڵی دا بە خەولە کە حەرام بوە لەســەر مێردەکەی خەولە سوێندی خوارد کە مێردەکەی نــاوی تەڵاقی نەبردوە ! حەزرەت بە گەرمییەوە فەرمووی : حەرامبوویت لەسەری ! وە ظیهار لە پێش ئەم رووداوەدا وابوو کە ژنەکە حەرام ئەبوو لەسەر کابرا هەتا هەتایە • جا خەولە سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو وتی : خوایە هاناو هاواری داماویم بۆ لای تۆ دێنم ! جا خودا (قد سمع الله قول •••)ی ناردەخواردەوە •

بزانن ! ظیهار لە (ظهر) وەرگیراوە چونکی شێوە ئەصلییەکەی ئەمەیە کابرا بە ژنەکەی بڵێ : (انت علی کظهر امی) • وە عەرەب لەفزی (ظهر)یان لەبەر ئەوە هێناوە کە پشت جێگەی ســــواربوونەو ژنیش (مرکوب)ی مێردە •

وە لە کاتی جاهیلییەتا ظیهار تەڵاقی هەمیشەیی بوو ، ئیتر ژنەکە حەرام ئەبوو لەسەر کابرا ، هەتا ئیسلام هات ئەو حوکمەی گۆڕیو کــردی بــە : حەرامبوونی ژنەکە لەسەر کابرا پاش گەڕانەوەی هەتا کەفارەتەکە ئەدا ، کاتێ کەفارەتەکەی دا بۆی حەڵاڵ ئەبێتەوە •

وە ظیهارکردن حەرامەو گوناهی گەورەیە • بە دەلیلی ئایەتەکە •

وە روکنەکانی ظیهار چوارن : (مظاهر)و (مظاهر منها)و (مشبه به)و (صیغة)• وە مەرجەکانی موظاهیر ــ ئەو کەسە کە ظیهار لەگەڵ ژنەکـەیدا ئەکا ــ ئەمەیە : کابرا مێردێ بێ دروست بێ ژنەکەی تەلاق بدا • وە مەرجی ظیهارلەگەڵکراوەکە ئەوەیە ژنی کابرای ظیهارکەر بێ ، یا (مطلقــەی غیرە بائنة) بێ • کەوابێ ظیهار لەگەڵ ژنی مارەنەکراوا ، یا لەگـەڵ تەلاقدراوی بائینەدا بێبایەخە • وە مەرجی (مشبه به) ئەمەیە یا جوزئێکی ظاهیری یــا تەواوی ژنێ بێ کە حەرام بێ لەسەر ئەو کابرا بە نەسەب ، یا بە شیرخواردن، یا بە هۆی ژنو ژنخوازییەوە ، بەم مەرجە کە هەرگیز حەڵاڵ نەبووبێ بۆ کابرای (مظاهر) وەکوو ژنی باوکێ کە لە پێش لەدایکبوونی ئـەم کابرادا مارەی کردبێ ، نەك لە پاش لەدایکبوونی •

وە مەرجی صیغەیش ئەمەیە لەفزێ بێ دەلالەت لەسەر ظیهار بکا بــە کینایە یا بە صەراحەت ، یا شتێ بێ لە شوێنی لەفزا وەکوو ئیشارەی لاڵ •

وێنەی صەریح وەکوو ئەوە بڵێ بە ژنەکەی : تۆ لەســەر من وەکوو پشتی دایکم وای • یا تۆ لەسەر من وەکوو لەشی دایکمی • ئەمانە هەمــوو صەریحن ؛ چونکی بە ئاشکرا مەعنای ظیهارو حەرامبوونی ژنەکە ئەگەیەنێ • بەڵام ئەگەر بڵێ : تۆ وەکوو دایکم وای ، یا وەکوو خوشکم وای • یا تۆ وەکوو کچم وای • ئەوە کینــایەیە ؛ چونکی هەڵئەگرێ مەبەس حــەرامی ژنەکەی بێو ، هەڵئەگرێ مەبەستی خۆشەویستی بێ •

وە لە شەرحی (رەمەلی)دا ئەفەرموێت : ئەگەر کابرا بڵێ : تۆ حەرامی لەسەرم وەکوو دایکم لەسەرم حەرامە • ئەوە هەڵئەگرێ کینــایەی تەلاق بێو ، هەڵیش ئەگرێ ظبهار بێ • جا ئەگەر نیــەتی ظیهـــاری بوو لەو حەرامکردنە ئەوە ظیهارە • ئەنا کینایەیە •

وەلحاصڵ : وەکوو لە حاشیەی جەمەلی ســەر شــەرحمەنهەجەوە دەرئەکەوێ شێوەی تەشبیە چوارە : تەشبیهی جوزء بەجوزء • وەکوو پشتی تۆ لەسەرمن وەکوو پشتی دایکم وایە • وە تەشبیهی جوزء بە کول ، وەکوو پشتی تۆ لەسەر من وەکوو دایکم‌وایە ، یا وەکوو جیسمی دایکمــە • وە تەشبیهی کول بەجوزء وەکوو بڵێ : تۆ لەســەر من وەکوو پشتی دایکم وایتە • وە تەشبیهی کول بە کول • وەکوو بڵێ : تۆ لەســەر من وەکوو جیسمی دایکم وایتە •

بەڵام ئەم تەشبیهانە ئەگەر رێز یا مەعنایەکی تــر غەیــری حورمەت هەڵبگرێ ، وەکوو بڵێ : تۆ بۆ من وەکوودایکم یا خوشکم وای • یا تۆ بۆ من وەکوو چاوی دایکم وایتە •• ئەوە ئەبێ بە کینایەت‌و تــا قەصدی ظیهاری نەبێ نابێ بە ظیهار •

وە ئەگەر بڵێ : تۆ لەسەرم حــەرامی • یا حەرامم کردی‌و • نیــەتی تەلاقی بوو تەلاقە ، یا نیەتی ظیهاری بوو ظیهارە • وە ئەگەر نیەتی هەردوکیانی بوو ، یەکێکیان هەڵئەبژێرێ • ئەگەر هەر نیەتی هیچیشی نەبوو لێی حەرام نابێ‌و ، کەفارەتی سوێندی ئەکەوێتەسەر •

وە ئەگەر بە ژنەکەی بڵێ : تەلاقت کەوتبێ‌و مەبەستی ظیهار بێ ئــەوە هەر تەلاقی ئەکەوێ •

وە ئەگەر بڵێ : تۆ لەسەر من وەکوو پشتی دایکم وای ئەوە هــەر ظیهارەو نابێ بە تەلاق؛ چونکی هەر لەفزێ صەریح بێ لە بابێکداو لە کــاتی بەکارهێناندا بگونجێ بۆ ئەو بابە ئەوە لە بابێ تردا نابێ بە کینایە • وە ئەگەر بڵێ : تۆ لەسەر من حەرامی وەکوو پشتی دایکم‌و نیەتی هیچ نەبوو ئــەوە ظیهارە ؛ چونکی صەریحی ظیهاری بەکارهێناوەو نیەتی ناوێ • ئەگەر وتی

تەلاقت کەوتبێ وەکوو پشتی دایکم‌و نیەتی هیچی نەبوو ئەوە تەلاقی ئەکەوێ؛ چونکی (تەلاقت‌کەوتبێ) صەریحە لە تەلاقاو جوملەی (وەکوو پشـــتی دایکم) ئەبێ بەتەئکید بۆ تەلاقەکە • وە ئەگەر هەر نیەتی ظیهاری بوو ئەوە (غصبا علیه) ئەبێ بە تەلاقیش‌و بە ظیهاریش ؛ چونکی سەرەتای قسەکەی صەریحی تەلاقەو نیەتی ناوێ‌و ، کابرا قەصدی ظیهاریشی کردوە • وە ئەگەر قەصدی هەردووکیانی کرد ئەوە هەردووکیان ثابت‌ئەبن •

بزانن ! تەعلیقی ظیهار دروستە ، وەکوو بڵێ : ئەگەر چوویتە مـــاڵی فلاڵن کەس ئەوە تۆ لەسەر من وەکوو پشتی دایکم وای ئەوە هەر کاتێ ژنەکە رۆیشتە ئەو ماڵە کابرا ئەبێ بە موظاهیر ؛ وە ئەگەر پاش ئەوە ژنەکە رۆیشتە ئەو ماڵە مادام دەقیقەیێ رای‌بگرێ‌و تەلاقی نەدا ئەوە بە (عائید)ئەناسرێ‌و ژنەکەی لێ حەرام ئەبێ تا کەفارەتی ظیهار ئەدا •

وە تەوقیتی ظیهار دروستە ؛ وەکوو ئەوە لەسەرەتای رەمەزانا بـــە ژنەکەی بڵێ لەم مانگەدا تۆ لەسەر من وەکوو پشتی دایکم‌وای • بەلام کابرا لەم صوورەتەدا بە نەفسی راگرتنی ژنەکە بە (عائید) ناژمێررێ ؛ چونکی بۆ ئەوە رای‌ئەگرێ ئەو ماوە بڕواو نەجاتی ببێ ، بەڵکو ئەگەر لەو ماوەدا چوە لای ژنەکەی ئەوە بە عائید دائەنرێ‌و پاش ئەو جارە دروست نیە بچێتە لای‌و تا کەفارەت ئەدا ژنەکەی لێ حەرام ئەبێ •

هەروا تەقییدی ظیهار بە شوێنەوە دروستە . وەکوو ئەوە بڵێ : تۆ لە ماڵی باوکتا لەسەرمن وەکوو پشتی دایکم وای •• ئەوە ظیهارو گەڕانەوە لەم شێوەیشدا بەوە ئەبێ لە ماڵی باوکیا بچێتە لای ، نـــەك بە راگرتنی لـــەو ماڵەدا ؛ چونکی کابرا چاوەڕوانی ئەوە ئەکا لە ماڵی باوکی دەربچێ •

وا دەرکەوت کە کابرا لە ظیهاری (مطلق)دا ئەبێ بە عائیدو کەفارەتی

ئه‌که‌وێته سه‌ر به راگرتنی ژنه‌که ئه‌وه‌نده بتوانێ صیغه‌ی ته‌ڵاق بـه ده‌میـا بێت • وه له ئیهاری (موقت) به کات یا به شوێن ئه‌بێ به عائیـد بـه چوونه‌لای ژنه‌که‌ی له‌و ماوه‌دا یا له‌و شوێنه‌دا • وه کاتێ کابرا بوو به عائید ژنه‌که‌ی لێ حه‌رام ئه‌بێ هه‌تا که‌فاره‌ت ئه‌دا •

وه که‌فاره‌تی ظیهار به ته‌رتیبه ؛ یانی پێویسته له یه‌که‌م جاردا به‌نده‌یه‌کی ساغ ئازاد بکا • ئه‌گه‌ر ئه‌مه رێ نه‌که‌وت دوو مانگ به‌ڕۆژوو بێ • وه ئه‌گه‌ر ئه‌مه رێ نه‌که‌وت له‌به‌ر پیری ؛ یا نه‌خۆشی ؛ یا ترسی گه‌ڕانه‌وه‌ی نه‌خۆشی، هه‌رچه‌ن به قسه‌ی یه‌ك دوکتۆری عادیل بێ • یا له‌بـه‌ر ترسی ئازاری گورچیله ، یا له‌به‌ر هێزی ئاره‌زووی ژن‌و چوونه‌لای • ئه‌وسا بۆی دروسته خواردنی شه‌صت گه‌دا بدا ، یه‌کی مشتێ دانه‌ی قووتی‌ساغ • وه ئه‌گـه‌ر کابـرا ده‌سنی به‌سه‌ر ئه‌مه‌یشدا نه‌ئه‌ڕۆیشت ئـه‌وه ئـه‌و کـه‌فاره‌ته قـه‌رز ئه‌بێ له‌گه‌ردنی کابرادا هه‌ر کاتێ بووی ئه‌بێ بیدا • وه له‌م شێوه‌دا دروسته بچێته لای ژنه‌که‌ی ، به‌ڵام به گوێره‌ی ناچاری بچێته لای ژنه‌که‌ی هه‌تـا که‌فاره‌ته‌که‌ی بۆ ئه‌درێ •

(إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ، وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٥) يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللهُ جَمِيعاً ، فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا ، أَحْصَاهُ اللهُ وَنَسُوهُ ، وَاللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٦)

به راستی ئه‌و که‌سانه که به‌رانبه‌رکێ له‌گه‌ڵ خوداو پێغه‌مه‌ری خۆدادا ئه‌که‌ن ئه‌وانه له‌ناو ئه‌برێن وه‌کوو چۆن کافـره پێشوه‌کان له‌ناوبران • وه‌لحاڵ ئێمه له پێشدا ئایه‌تمان‌نارد بۆ سـه‌ریان بـۆ ئـه‌وه له سه‌رپێچی‌و نافه‌رمانی بگه‌ڕێنه‌وه‌و فه‌رمانبه‌ری خودا بکه‌ن • وه کافره‌کان سـزایه‌کی

ئینسان سووكو رسواكەریان بۆ هەیە ؛ لە رۆژێكدا كە خودا هەموویان سەرپاك زیندووئەكاتەوە ، جا خودا هەواڵیان پێ ئەدا بەو كردەوانە ئەوان كردوویانن • خودا هەمووی نووسیونو ئەوان لەبیریانچوەتەوە • وە خودا ئاگاداری هەموو شتێكە •

(اَلَمْ تَرَ اَنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما فِي السَّماوَاتِ وما فِي الأَرْضِ ؟ ما يَكونُ مِنْ نَجْوى ثَلاثَةٍ الا هُوَ رابِعُهُمْ ، ولا خَمْسَةٍ الاَ هُوَ سادِسُهُمْ ، ولا اَدْنى مِنْ ذلِكَ ولا اَكْثَرَ الا هُوَ مَعَهُمْ اَيْنَمَا كانُوا ، ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، اِنَّ اللهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) (٧)

ئایا نابینی یا نازانی كە خودای تەعالا زانایە بەوەی وا لە ئاسمانەكانو زەویدا ؟ هەرگیز هیچ وتەیەكی پەنامەكی لە نێوان سێ كەسدا نابێ ئیلـلا خودا چوارەمیانەو ، رێك ناكەوێ پێنج كەسی قسەی پەنامەكی‌كەر ئیللا خودا شەشەمیانە ، وە كەمتر یا زیاتر لەو ژمارە رێك ناكەوێ ئیللا خودا وا لەگەڵیانا لەهەر لایێ بن‌و ، لە پاشان خودا هەواڵیان پێ ئەدا لـــە رۆژی قیامەتا • بە راستی خودا زانایە بە هەموو شتێ •

(اَلَمْ تَرَ اِلى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوى ثُمَّ يَعودُونَ لِمَا نُهُوا عَنــهُ ، ويَتَنَاجَوْنَ بِالإِثْمِ والعُــدْوَانِ ومَعْصِيَــةِ الرَّسُــــولِ ، وِاذا جَاؤُكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللهُ ، ويَقُولُونَ فِي اَنْفُسِهِمْ : لَوْلاَ يُعَذِّبُنَا اللهُ بِما نَقُولُ ؟ ! حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا ، فَبِئْسَ الْمَصِيرُ) (٨)

ئەنەس خودای لێ‌رازی بێ ئەڵێ : جوولەكەیێ هات بۆ لای حەزرەتو

یارانی ، کاتێ گەیشتە لایـان وتی : ((السام علیکم)، کۆمەڵی یـاران وەڵامیاندایەوە بە شێوەی وەڵامی سەلام • جا حەزرەت فەرمووی : زانیتان ئەو کابرا چی وت ؟ وتیان : خوداو پێغەمەری خودا ئەزانن • ئایا سەلامی کرد ؟ حەزرەت فەرمووی : نەخەیر سەلامی نەکرد ، بەڵام وتی : (السـام علیکم) ، بۆم بانگ بکەن • حەزرەت پێیوت : کە هاتی وتت : (السـام علیکم) ؟ وتی : بەڵێ • جا حەزرەت فەرمووی : کاتێ یەکێ لە ئەهلی کیتاب سەلامی لێکردن لە وەڵامیا بڵێن : (علیك ما قلت) •

ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە دەربارەی گەلێ لە یەهوودو مونافیقان ، لەناو خۆیانا بە پەنامەکی قسەیان ئەکردو کاتێ موسوڵمانێکیان پێشچاو بکەوتایە بە چاو ئیشارەیان بۆ ئەکردو مەبەسیان ئازاردانی دڵی موسوڵمانەکان بوو • حەزرەت ـ د ـ نەهی لێکردن لەو جۆرە رەفتارە کەچی دەسـبەردار نەبوون • جا خودا فەرمووی : ئایا ناڕوانی بۆ ئەو کەسانە کە نەهیـان لێئەکرێ لە قسەی پەنامەکی کەچی دەسبەردار نابن‌و ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو شتە کە نەهی لێکراودو ؛ لە ناو خۆیانا چپە ئەکەن بە قسەی تاوانباری‌و دوژمنایەتی حەزرەت‌و یارانی‌و بێئیطاعەیی حەزرەت ـ د ـ ئەکـەن ، وە کاتێ دێن بۆ لات بە جۆرێ سەلامت لێئەکەن کە خودا وەها سەلامی لێنەکردوویت ؛ ئەوان ئەڵێن : (السام علیك) واتە : مردن بێت بۆ سەرت، وە خودا فەرموویەتی : (السلام علیك ایها النبی ورحمة الله)وە لـە نـاو خۆیانا ئەڵێن : وا ئێمە ئەم قسە نابارانە ئەکەین بۆچی خودا بەهۆی ئەم قسە نابارانەوە سزامان نادا ؟ خودایش ئەفەرموێ : دۆزەخ بەسـە بـۆ سزایان ، لەمەولا ئەچنە ناوی‌و ؛ ئەو شوێنە شوێنێکی بەدو ناهەموارە •

(یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا اذا تَنَاجَیْتُم فَلا تَتَنَاجَوا بِالإِثمِ والعُدْوانِ ومَعْصِیَةِ الرَّسُولِ ، وتَنَاجَوا بِالبِرِّ والتَّقْوی ، واتَّقُوا اللهَ الَّذي إِلَیْهِ تُحْشَرُونَ (٩) إِنَّمَا النَّجْوی مِنَ الشَّیْطَانِ لِیَحْزُنَ الَّذِینَ آمَنُوا ولَیْسَ بِضارِّهِم شَیْئاً إِلاَّ بِإِذْنِ اللهِ . وعَلی اللهِ فَلْیَتَوَکَّلِ المُؤْمِنُونَ) (١٠)

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە ! کاتێ قسەی پەنامەکیتان کرد قسەکە بە تاوانو دوژمنایەتی حەزرەتو یارانیو بە بێ ئیطاعەیی پێغەمەر مەکەنو، قسە بە تەقواو طاعەتی خودا بکەنو . خۆتان لەو خودایە بپارێزن کـە لـە دیوانی ئەودا گردئەکرێنەوە . ئەم قسەی چپەی پەنامەکیکردن بە تاوانبارىو شەرمەساریو دوژمنایەتی ئیسلامە لە ئیلتائاتی شـــەیتانە بۆ ئـــەوە کە موسولمانەکان زویرو دلگرانبین ، لەگەل ئەوەیشدا ئەم چپانە کەمو زۆر زیان لەو موسولمانانە نادا بە ئیزنو بڕیاری خودا نەبێ . جاکە مادام هەموو سوودو زیانێ هەر لە خوداوەیە . با موسولمانەکان هەر پشــت بە خودا ببەستنو ئیعتیماد لەسەر خودا بکەن .

(یا أَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا إِذَا قِیلَ لَکُم تَفَسَّحُوا في المَجَالِسِ، فَافْسَحُوا یَفْسَحِ اللهُ لَکُم ، وإِذا قِیلَ : انْشُزُوا فَانْشُزُوا ، یَرْفَعِ اللهُ الَّذِینَ آمَنُوا مِنْکُم والَّذِینَ أُوتُوا العِلْمَ دَرَجَاتٍ ، واللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِیر ")(١١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان کردوە بە خوداو پێغەمەری خودا ! هـــەر کاتێ کە پێیان وتن : تۆزێ بلاو لە کۆمەلدا دابنیشنو بلاوبینەوە با جێگەی خەلکی تریش ببێتەوە .. ئێوە بەگوێی ئەو کەسە بکەنو بلاوبینەوە ، ئەگەر

وا بکەن خودا ئەو شوێنەتان بۆ گوشاد ئەکات‌و دڵتان‌ئەکاتەوەو خودا ماوەی پیرۆزی‌و بەهرەمەندیتان پێ ئەدا • وە هەرکاتێ پێیانوتن : هەستن‌و راستبنەوە بۆ بەجێهێنـــانی کارێ ، وەکوو : نوێژکردن ، یا پێشوازی میوان ، یا چوونەسەردانی نەخۆش ، یا نوێژی مردوو ، یا دەرچوون بۆ جیهاد ، یا چوون بۆ چاری موشکیلەیێ ••• راستەوەبن‌و تەمەڵی مەکەن ، چونکی خودا ئەهلی ئیمان بەرزئەکاتەوە بە : یارمەتیدان‌و ، ناوی باش‌و ، سەرخستن لە دنیاداو ، بردنی بۆ بەهەشت لە پاشەرۆژدا • وە ئەو کەسانەیان کە زانیارییان پێدراوەو لە رێگەی رەوادا بەکاری دێنن خودا بە چەن پلە پایەیان بەرزئەکاتەوە ، وە خودا ئاگاداری کـردەوەتانەو بـــە گوێرەی مەبەست‌و نیەتی دڵتان پاداشتان ئەداتەوە •

(يا أيُّها الَّذينَ آمَنوا ! إذا نَاجَيْتُمْ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجواكُمْ صَدَقَةً ، ذلِكَ خَيْرٌ لَكُمْ واطْهَرْ ، فَإنْ لَمْ تَجِدُوا فَإنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٢) أأشْفَقْتُمْ انْ تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْواكُمْ صَدَقَاتٍ ؟ فَإذْ لَمْ تَفْعَلُوا ، وتَابَ اللهُ عَلَيْكُمْ ، فَاَقِيمُوا الصَّلاةَ ، وآتُوا الزَّكَاةَ ، واطِيعُوا اللهَ ورَسُولَهُ ، واللهُ خَبِيرٌ بِما تَعمَلُونَ) (١٣)

ئەی کەسانێ ئیمانتان هێنـاوە ! کاتێ قسەی پەنامەکیتان لەگەڵ پێغەمەرا کرد لە پێش قسەکردنەکەدا صەدەقەیێ لە خزمەت پێغـــەمەرا دابنێن ، ئەمە بۆ ئێو لەوە باشترە کە بە دەستی خاڵی برۆنە کاتی زایە بکەن ، لەبەر ئەوە نەفستان پاك‌ئەکاتەوە لە خۆشویستنی ماڵ • بەلام ئەگەر دەستتان نەئەرۆیی‌و نەتانبوو صەدەقە دابنێن ئەوە قەی‌ناکا خودا توانبەخش‌و میهرەبانە •

یارانی حەزرەت زۆر کاتی حەزرەتیان بەچپەکردن لە گەڵیا زایەئەکرد ، جا خودا پێشکەشکردنی صەدەقەی بڕیار دا ، هەتا کۆتایی بەم جۆرە کارە بهێنن ، وە یاران ئەم بڕیارەیان لەسەرشان گران بوو ، جا خودا فەرمووی: مادام ترسی کەمدەستیو گەدابیتان هەیە لەســـەر ئەمە کـــە صەدەقەیێ پێشکەش بکەنو ئەمتانە نەکردو ، خودایش چـاوپۆشی لێکـردن دەی نوێژەکانتان بکەنو ، زەکاتی ماڵتـــان بدەنو ، پەیڕەوی فەرمانی خوداو پێغەمەری خودا بکەن لە هەموو کارو فرمانێکا • وە خودا ئاگای لە هەموو کردەوەیەکتانە •

حەزرەتی عەلی ــ خ ــ ئەفەرموێت : کاتێ ئایەتی (یا ایها الذین آمنوا اذا ناجیتم •••) هاتەخوارەوە حەزرەت ــ د ــ لێی پرسیم : ئەو صەدەقە چەنێ بێ ؟ (دیناری) ؟ وتم : زۆرە • فەرمووی : نیو دینار ؟ وتم : زۆرە • فەرمووی : ئەی چەنێ ؟ وتم : دەنکەجۆیێ • واتە : بە کێشانەی دەنکــە جۆیێ ئاڵتوون • حەزرەت فەرمووی : بە راستی تۆ کەم خوازی • جـــا ئایەتی (اشفقتم ان تقدموا بین یـــدی •••) هاتەخوارەوە • فەرمووی : خودا بە هۆی منەوە ئەم بارەی سووککردو لەســـەرشانی ئـــەم گەلەی لابرد •

(اَلَمْ تَرَ اِلی الَّذِینَ تَوَلَّوْا قَوْماً غَضِبَ اللهُ عَلَیْهِمْ ؟ مـــا هُمْ مِنْکُمْ ولا مِنْهُمْ ، ویَحْلِفُونَ علی الْکَـــذِب وهُمْ یَعْلَمُونَ (١٤) اَعَدَّ اللهُ لَهُمْ عذاباً شَدِیداً ، اِنَّهُمْ ساءَ ما کانُوا یَعْمَلُونَ (١٥) اِتَّخَذُوا اَیْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِیلِ اللهِ ، فَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِینٌ (١٦) لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ اَمْوالُهُمْ ولا اَوْلادُهُمْ مِنَ اللهِ شَیْئاً ، اولائِكَ اَصْحابُ النَّارِ هُمْ فِیها

خَالِدُونَ (١٧) يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللهُ جَمِيعاً ، فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا
يَحْلِفُونَ لَكُمْ ؛ وَيَحْسَبُونَ اَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ ؛ اَلاَ اِنَّهُمْ
هُمُ الْكَاذِبُونَ (١٨) اِسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَاَنْسَاهُمْ
ذِكْرَ اللهِ ؛ اولائِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ ؛ اَلاَ اِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ
هُمُ الخَاسِرُونَ) (١٩)

ئایا ناڕوانن بۆ ئەو کۆمەڵە کە بوون بە دۆستی گەلێ کە خودا قاری لێ گرتوون، وەکوو جوولەکەکان؟ ئەوانە لە ئێوە نین و لە جوولەکەیش نین و، بە درۆ سوێنتان بۆ ئەخۆن کە : قسەی خراپ و جنێویان نەووتوەو خۆیشیان ئەزانن کە درۆ ئەکەن • ئەوانە خودا ســزای سەختی پاشەڕۆژی بۆ ئامادەکردوون ؛ ئەوانە کارێکی بەدو نابار ئەکەن • ســوێندخواردنەکەی خۆیانیان کردوە بە قەڵغان بۆ پارازتنی خۆیان و ؛ خەڵکیش دوورئەخەنەوەو مەنعی ئەکەن لە ڕێگەی خودا • جــا ئــەوانە ســزایەکی ئینسان سووکڵورسواکەریان بۆ هەیە • ئەوانە هەرگیز دارایی و نەتەوەیان هیــچ سوودێکیان پێ نادا لە لایەنی خوداوەو ؛ ئەوانە ئەهلی ئاگری دۆزەخن و لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتاهەتایە •

لە ڕۆژێکدا خودا زیندوویان ئەکاتەوە سوێند بۆ خودا ئەخۆن ، وەك **ئیستە ســوێند بۆ ئێوە ئەخۆن ، کە پیاوی چاك و ئادەمیزادی باشــن • وە** گومان وا ئەبەن کە لەسەر پلەو پایەیەکی باشن لە شەخصییەت و سەربەرزی • بێدارببنەوەو ئاگاداربن و باوەڕ بە گومانی ئەوانە مەکەن ؛ بەراستی ئەوانە درۆزنن و شەیتان زاڵبوە بەسەریاناو باسی خودای لە بیر بردوونەتەوە ، ئەمانە دەستەی شەیتانن • ئاگاداربن دەستەی شەیتان زیانکارن و وان لــە زیانا •

(إِنَّ الَّذِينَ يُحادُّونَ اللهَ ورَسولَهُ اولائِكَ فِي الأَذَلِّينَ (٢٠) كَتَبَ اللهُ : لَأَغْلِبَنَّ أَنَا ورُسُلِي ، إِنَّ اللهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ (٢١) لا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ يُوادُّونَ مَنْ حادَّ اللهَ ورَسولَهُ ، ولَوْ كانُوا آباءَهُمْ ، أَوْ أَبْنَاءَهُمْ ، أَوْ إِخْوانَهُمْ ، أَوْ عَشِيرَتَهُمْ . اولائِكَ كَتَبَ فِي قُلوبِهِمُ الإِيمانَ ، وأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ ، ويُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ ، خالِدِينَ فِيها ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ ورَضُوا عَنْهُ ،اولائِكَ حِزْبُ اللهِ ،أَلا إِنَّ حِزْبَ اللهِ هُمُ المُفْلِحُونَ) (٢٢)

بێگومان ئەو کەسانە کە بەرانبەرکێ لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا دەکەن ئەوانە لە دەفتەری داماوانو لێقەوماوانی جیهاندا نووسراون ؛ چونکی ئەگەر فەرزەن لە دنیایشا رزگار بین لە پاشەڕۆژا وان لە ئازارا • خودا نووسیویەتیو بڕیاری داوە لەسەر ئەوە : کە بێگومان خوداو پێغەمەرەکانی خودا زاڵئەبن بەسەر هێزی بەدو خراپەدا • بەراستی خودا تەواناو خاوەن عیززەتە •

ئەی خۆشەویست تۆ گەلێکت دەست ناکەوێ کە بەراستی باوەڕیان بە خوداو پێغەمەری خوداو پاشەڕۆژ هەبێو ، لەگەڵ ئەو باوەڕدینەدا دۆستایەتیو خۆشەویستی بکەن لەگەڵ کەسانێکدا کە دوژمنایەتی لەگەڵ خوداو پێغەمەری خودادا ئەکەن ، با ئەو کەسانە دوژمنایەتییەکە ئەکەن باوك ، یا کوڕ ، یا برا ، یا خزمو کەس ، یا هۆزو بەرەی خاوەن باوەڕەکان بن •واتە خاوەن باوەڕ بە خودا نابێ دۆستایەتی لەگەڵ کافرو بێباوەڕاندا بکەن هەرچەن خزمی زۆر نزیکیشیان بن • ئەو موسوڵمانانە کە واز لەو کافرانە دێنن خودا بە قەڵەمی قەزا ئیمانی لە دڵیانا نووسیوەو ، لە دنیادا بە

هێزێکی قودسی له لایه‌نی خۆیه‌وه که قورئان : یا نوور ، یا سه‌رخستن به‌سه‌ر دوژمنانایه یارمه‌تی داون ، وه له پاشه‌ڕۆژیشا ئه‌یانبانه چه‌ن به‌هه‌شتێکه‌وه که ئاوی ساف له ژێر داره‌کانیانه‌وه ره‌وانئه‌بێ ، به‌همیشه‌یی له‌و به‌هه‌شتانه‌دا ده‌مێننه‌وه • خودا له‌وان رازی بوه‌و ئه‌وانیش له خودا رازیبوون ، ئه‌مانه کۆمه‌ڵه‌ی خودان • ئاگاداربن هه‌ر کۆمه‌ڵه‌ی تایبه‌تی خودا رزگارو به‌ختیارن •

ئاده‌میزاده طه‌لیسمی گه‌نجه
کلیلی ئه‌ودیش طاعه‌تو ڕه‌نجه
ئه‌و که‌سه به‌هره‌ی عیباده‌تی بوو
سه‌نه‌دی سالی سه‌عاده‌تی بوو
بۆ خۆی‌و بۆ خه‌ڵك ، بۆ دین‌و دنیا
بوو به میعراجی مه‌رته‌به‌ی عولیا
هه‌ر له دنیادا خاوه‌ن ئه‌نواره
قه‌لبی خه‌زێنه‌ی سیری ئه‌سراره
له‌سه‌ر دڵسۆزی بۆ ئاده‌میزاد
ئه‌بێ به قه‌لای خاوه‌ن ئیعتیماد
له قه‌برا شایه‌و ، گۆڕه‌که‌ی قه‌سره
ڕۆژی قیامه‌ت به‌رلیوای نه‌صره
له‌م جۆره که‌سه کۆمه‌ڵه‌ی ئاگاه
گه‌لی پاکانن یانی (حزب الله)
(نامی) به نووری ره‌حمه‌ری موختار
یا له خۆیانه ، یا له خزمه‌تکار

سووره‌تی حه‌شـــر له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌کانه ، (٢٤) ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (بینــة) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(سَبَّحَ لِلَّهِ ما فِي السَّمَاوَاتِ ومَا فِي الأَرْضِ ، وهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ (١) هو الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الحَشْرِ : ما ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُوا ، وظَنُّوا أَنَّهُمْ مَانِعَتُهُمْ حُصُونُهُمْ مِنَ اللهِ ، فَأَتَاهُمُ اللهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا ، وقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ : يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ ، وَأَيْدِي المُؤْمِنِينَ ، فَاعْتَبِرُوا يا أُولِي الأَبْصَارِ (٢) ولَوْلاَ أَنْ كَتَبَ اللهُ عَلَيْهِمُ الجَلاءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا ، ولَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ (٣) ذلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللهَ ورَسُولَهُ ، ومَنْ يُشَاقِّ اللهَ فَإِنَّ اللهَ شَدِيدُ العِقَابِ (٤) ما قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً على أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللهِ ، ولِيُخْزِيَ الفَاسِقِينَ) (٥)

ده‌گێڕنه‌وه : کاتێ حه‌زره‌ت گه‌یشته مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره صوڵحی له‌گه‌ڵ (بني نضير) ا کرد له‌سه‌ر ئه‌و بڕیاره که : نه له‌سه‌ر زیانی حه‌زره‌تو یارانی‌وه، نه له‌سه‌ر قازانجیان بن . جا کاتێ له رووداوی (به‌در)دا حـــه‌زره‌ت سه‌رکه‌وت به‌سه‌ر قوره‌یشدا وتیان : ئه‌مه ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌یه که لـه کتێبـــه پێشوه‌کانا باسی کراوه‌و به‌ڵێن به‌هاتنی دراوه‌و ، لـه تـه‌وراتا موژده‌ی

پێدراوه به سه‌رکه‌وتن ، وه کاتێ که له ڕووداوی (احد) ا حه‌زره‌تو یارانی شکان که‌وتنه گومانه‌وه‌و ئه‌و باوه‌ڕه‌ی پێشوویان نه‌ماو په‌یمانه‌که‌یان تێکدا، وه که‌عبی کوڕی ئه‌شره‌ف به چل سواره‌وه ڕۆیشت بۆ مه‌که ، له‌وێ له‌گه‌ڵ ئه‌بوسوفیاندا په‌یمانی به‌ست ، جا حه‌زره‌ت فه‌رمانی دا به برای شیری که‌عب چوو به دزییه‌وه کوشتی ، جا حه‌زره‌ت له به‌رده‌بیانێکدا به سـوپه‌وه دای به‌سه‌ریاناو ده‌وردی گرتن ، هه‌تا له‌سه‌ر ئه‌وه ڕێکه‌وتن که ئه‌و وڵاته به‌جێ بێڵن ، زۆربه‌یان ڕۆیشتن بۆ شام‌و ، هۆزێکیان جوون بۆ خـه‌یبه‌رو ، بازێکیان ڕۆیشتن بۆ (حيره) له عیراقا . جا خودا ئه‌م ئایه‌تانه‌ی تا (والله على كل شيء قدير) ده‌رباره‌ی ئه‌م ڕووداوه ناردبه‌خواره‌وه .

واته ته‌سبیح‌و ته‌نزیهی خودا ئه‌کاو خودا به دوور ئه‌گرێ له هه‌موو ناته‌واوییه‌ك هه‌رچی وا له ئاسمانه‌کان‌و زه‌ویداو خودا خـاوه‌ن عیزه‌ت‌و خاوه‌ن حیکمه‌ته .

خودا خودایه‌کی وایه کافره‌کانی ئه‌هلی کیتابی له خانوو به‌ره‌ی خۆیان ده‌رکرد . یه‌که‌م ده‌رکردنیان به کۆمه‌ڵی له (جزيرة العرب)و ، دووه‌م‌و دوا کۆکردنه‌وه‌و ده‌رکردنیان له‌سه‌ر فه‌رمانی عومه‌ری کوڕی خه‌ططـاب لـه خه‌یبه‌ره‌وه بۆ شامات .

وه ئێوه گومانتان نه‌ده‌برد که ئه‌و جووله‌کانه له‌و شوێن‌و خانووبه‌ره‌ی خۆیانه ده‌رچن‌و ، ئه‌وانیش گومانیان وه‌هابوو که ئه‌و قه‌ڵایانـه دروسیان کردوون له سزای خودایان ئه‌پارێزن . جا قاری خودایان له ڕێگه‌یه‌که‌وه بۆ هات که گومانیان پێ نه‌ده‌بردو ، ئه‌وه‌نده ترسی خسـته دڵیانه‌وه دڵی پڕکردن له ترس ، به جۆرێ به ده‌ستی خۆیان خانوه‌کانی خۆیان ئه‌ڕووخان، بۆ ئه‌وه ئه‌گه‌ر شتێکی به‌نرخی تێدابێ ده‌ری بێنن بۆ خۆیان ، وه به‌ده‌ستی

موسوڵمانەکانیش : ئەوانیش بارێ شتیان لێدەرئەکێشان بۆ رێگەکردنەوە بۆ جەنگ ؛ جا ئەی خاوەن چاوو دڵەکان پەند لەم جۆرە کارەســــاتە وەربگرن‌و ، بزانن ئادەمیزادانی دیکەیش وەکوو ئەم جوولەکانە وان ؛ مادام سەرسەختی بکەن‌و لە یاسا لادەن خودا ماڵوێرانیان ئەکا ، وە ئەگەر **خودا ئەم دەرچوونەی لەناوچاویانا نەنووسیایێ لە دنیادا سـزای ئەدان بـۆ** تۆڵەی ئەو خەیانەتە کە کردیان لەگەڵ خوداو پێغەمەری خوداداو . لـە پاشەڕۆژیشدا سزایەکی سەخت‌و بەتین‌و ئازاریان ئەدا .

ئەمەیش لەبەر ئەوە بوو ئەو جوولەکانە دوژمنایەتییان لەگەڵ خوداو **پێغەمەردا کردو پەیمانیان شکاندو ، لەگەڵ کافرانا پەیمانیان بەست لە دژی** پێغەمەرو یارانی . وە هەرکەسێ دوژمنایەنی خودا بکا ئــەوە دیارە خودا تۆڵەی سەختی لێ ئەکاتەوە . چونکە خودا (شدید العقاب)ە تۆڵەسەندنەوەی زۆر بەتین‌و سەختە کاتێ تۆڵە لە تاوانبار بکاتەوە .

وە هەرچی ئێوە بڕیتان لە باخەکانی (بنی نضیر) لە دارخورمای تەڕی تازەی جوان : یا هێشتتانەوە بەپێوە بە راوەستاوی لەسەر رەگ‌و ریشەی خۆی هەمووی لەسەر ئیذنی خودا بوو ، بۆ ئەوە چاوی کافرەکانی تــری پێ بشکێنن‌و بۆ ئەوە ئەو فاسقە لەپەیمان دەرچووانە رسوا بکا .

هۆی هاتەخوارەوەی ئایەنی (ما قطعتم من لینة ...) ئەوە بوو کە حەزرەت ــ د ــ لە کاتی دەورەدانی بەنی‌نەضیرا ــ کە نزیکی دوو میل لــە مەدینەوە دوورە ــ فەرمانی دا بە سووتاندنی دارخورمای (بویره) کــە عائیدی بەنی‌نەضیر بوو ؛ هەروا فەرمانی دا بە بڕینیان بۆ ئەوە کــە لـە قەڵاو جێگەی قایمی خۆیان دەرچن‌و دەرنەچوون‌و ، وتیان : ئەی محەممەد تۆ خۆت نەهیت ئەکرد لە زیاندان نە خەڵك ، ئیستە چۆن ئەم دارانی باخی

ئێمه ئه‌بڕیو ئه‌سووتێنی ؟ له‌م باره‌وه شتێ که‌وته دڵی موسوڵمانه‌کانه‌وه . جا خودا ئه‌و ئایه‌ته‌ی نارد هه‌تا دڵی موسوڵمانه‌کان ئارام ببێته‌وه . جا کافره‌کان بیست ویه‌ك رۆژ له قه‌ڵاکانی خۆیانا مانه‌وه‌و ترس که‌وته دڵیانه‌وه‌و داوای صولحیان له حه‌زره‌ت کرد .

جا حه‌زره‌ت صوڵحی له‌گه‌ڵا کردن له‌سه‌ر ئه‌وه ئه‌و وڵاته به‌جێ بێڵن‌و له ماڵ‌و سامانیان بارێ زیاتر له‌گه‌ڵ خۆیان نه‌به‌ن‌و ، چه‌ك‌و که‌ره‌سه‌ی جه‌نگ له‌گه‌ڵ خۆیان هه‌ڵنه‌گرن . جا هه‌موویان له شاره‌که‌ی خۆیان ده‌رچوون خه‌ڵکی دوو ماڵ نه‌بێ ئه‌وان خۆیان گه‌یاند به خه‌یبــه‌رو ، له دوان زیاتر که‌سیان موسوڵمان نه‌بوون ؛ ئه‌وانه‌یش : ســـوفیانی کوڕی عومه‌یرو ، سه‌عدی کوڕی وه‌هه‌ب . ئه‌مانه بـه موســـوڵمانبوونیان ماڵی خۆیــان پاراست له تالانکردن . جا حه‌زره‌ت ــ د ــ ماڵ‌و دارایی ئــه‌و خه‌ڵــکی به‌نی‌نه‌ضیره‌یشی به‌ش‌کرد وه‌ك له ئایه‌تی دواییدا دانراوه .

(وما أَفَاءَ اللهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ ، وَلَكِنَّ اللهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ ، وَاللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦)

مَا أَفَاءَ اللهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ ، وَلِذِي الْقُرْبَى . وَالْيَتَامَى ، وَالْمَسَاكِينِ ، وَابْنِ السَّبِيلِ ، كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ ، وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ . وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا . وَاتَّقُوا اللهَ ، إِنَّ اللهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٧) لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ ، يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللهِ وَرِضْوَانًا ، وَيَنْصُرُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ ، أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) (٨)

ئەو ماڵو دارایيە کە خودا گەڕانوويەتيەوە بۆ پێغەمەری خۆی لـــەو کافرانەوە • واتە لەو جەنگو دەورەدانی بەنیئەضیرەدا دەستیکەوتوە •• تالاّنيیەك نیە کە ئێوە بە هۆی غاردانی ئەسپو وشتری خۆتانەوە بۆ سەریانو بەجەنگکردن لەگەڵیانا چنگتان خستبێ • خودا پێغەرانی خۆی زاڵ ئەکـــا بەسەر هەرکەسێکدا خۆی خواستی بێ • وە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا • ئەوەی کە خودا دەستی پێغەمەری خۆی خستوە لە ماڵو دارایی دێهاتی دەوری مەدینەی مونەوەرە ؛ وەکوو وڵاتی بەنیئەضیر •• ئەوە ئەو ماڵو دارایيە هەمووی بۆ خوداو پێغەمەری خوداو خزمانی حەزرەتە لـــە بەنیهاشمو بەنیموطەلیبو ، بۆ منداڵانی نابالّغی بێباوكو دایکەو ، بۆ هەژارانو سەفەرییانی بێ خەرجییە ، هەتا ئەو ماڵو سامانە نەبێ بە ماڵێ کە دەسبەدەس بێت لەناو دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا • وە ئەوەی کە پێغەمەر ئەتانداتێ لە ماڵو لە ئەحکام بە رەزامەندی وەریبگرنو ، ئەوەیش کـــە نەهی لەکردنی ئەکا مەیکەنو وازی لێبێنن • وە لە خودا بترسن بە راستی خودا تۆڵەو سزای سەختە •

هەروەها ئەو ماڵو دارایيە بۆ ئەو هەژارانو داماوانەيشە کە لە مەککەوە کۆچیان کردوە بۆ مەدینە ، لەو چینانە کە باسمان کردن • ئەوانە کە لە ماڵو خانووبەرەی خۆیان دەرکراونو هیچیان بۆ دەرنەچووەو ، حاڵیان وایـــە داوای بەهرەو رەزامەندی لە خودا ئەکەنو ، بە گیانو ماڵیـــــان یارمەتی خوداو پێغەمەری خودا ئەدەن ، ئەوانە ــ ئەوانەن کە راســـــتگۆنو لـــە باوەڕیانا دامەزراونو شیاوی ڕێزن •

بزانن ! واریداتو بوودجەی خەزێنەی ئیسلام ــ جگە لە زەکات ــ لە گەلێ شوێنەوە هەیەو ، بە کورتی دوو بەشن :

یەکەم : ئەوەیە کە بە جەنگو هێزی چەك دەستئەکەوێ • ئەم بەشە ناوی (غەنیمە) تالانیە • ئەمە پاش دەرکردنی هـــەندێ واجبـاتو ، جیاکردنەوەی ئەوەی وا بە کافرێکەوە کە لە جەنگدا کوژرابێو ، ئەمە بۆ ئەو کەسەیە کافرەکەی کوشتوە••دوایئەمانە ئەو تالانیە ئەکرێ بەپێنج بەشەوە: چواربەشی بۆ جەنگاوەرەکانەو ، بەشی پێنجەمی ئەکرێ بە پێنج بەشەوە : بەشێ بۆ حەزرەت ـ د ـ و بەشێ بۆ خزمانی حەزرەت لە بەنی هاشمو بەنیموطەلیبو ، بەشی هەتیوانو ، بەشی گەداکانو هەژارەکانو ، بەشێ بۆ سەفەرییانی بێخەرجی •

بەشی دووهەم لە واریداتی ئیسلام ئەوەیە : کە بە بێ جەنگ دەست ئەکەوێ ؛ وەکوو سەرانەی ئەهلی (ذمّە)و ضەریبەی بازرگانی کافرانو ، ماڵێ بە بێ جەنگ دەسمانکەوێ وەکوو دارایی یەهوودی بەنینەضیر ئەمە پێی ئەوترێ (فییء)و ئەمە ئەکرێ بە پێنج بەشەوە ـ وەکوو غەنیمە ـ جا پێنجیەکی ئەمەیش ئەکرێتەوە بە پێنج بەشەوەو صەرفئەکرێ بۆ پێغەمەرو، بۆ خزمانی لە بەنیهاشمو بەنیموطەلیبو ، بۆ هەتیوانو ، بۆ هەژارانو ، بۆ سەفەرییانی بێخەرجی • وە چوار بەشەکەی تر بۆ حەزرەت بووەو ا ـە ئیشو کارو پێویستی موسوڵمانانیدا صەرفی کـردووەو ، بەشی زانایانو ، قازییەکانو ، موفتییەکانو ، خزمەتکارانی دین بەر ئەم مەصالیحە ئەکەون •

جا حەزرەت ـ د ـ ئەوەی کـە لـە بەنینەضیر دەســـتیکەوت پێنجیەکێکی بەشکردەوە بۆ ئەوانە کە لە ئایەتەکەدا ناوبران ، بـەڵام بـە تایبەتی دای بەوانە کە لە (موهاجیرەکان) بوون لەبەر زۆری پێویستییان ، وە بەشی ئەنصاری لێنەدا • وەکوو ئایەتی (للفقراء المهاجرین •••) باسی ئەکا •

وە ئەودوای چواربەشـەکەی بۆ حـەزرەت بوەو لە پێویسـی؛ مەصلەحەتی موسولمانانداصـەرفیکردوە • وە لە پاش کۆچی حـەزرەت بۆ پێشەوای موسولمانان بوەو ؛ لەسەر راوێژی شارەزایانو کارناسان خەرجکراوە • بە کورتی لە (بیت المال)دا دائەنرێ •

ئەمەی کە وتمان بۆ (ئەموالی مەنقوولە) مـالێك ئازو گوێزی پێ بکرێ ــ یە ؛ بەلاّم مالێك وا نەبێ وەك خانوو زەویو زار ، ئەویش لەسەر مەذهەبی ئیمامی شافیعیو زاهیری مەذهەبی ئیمامی ئەحمەد ــ د ــ هەر وەك مالّی ئـازوگوێز پێـکراو وانـە ، بـەلاّم لە لای ئەبوحەنیفەو ئیمامی مالیك ــ خ ــ زەویو زار بە پێی بیرو قەناعەتی پێشەوای موسـولمانان کاریان تێدا دەکرێ ، پێویست نیە لە نێوان جەنگاوەرانا دابەش بکرێن •

(والَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ ؛ وَلاَ يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا ، وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ ــ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ــ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَائِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩) وَالَّذِينَ جَاؤُا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ : رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلإِخْوانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ ؛ وَلاَ تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاًّ لِلَّذِينَ آمَنُوا،رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُفٌ رَحِيمٌ) (١٠)

بۆ ئەو موسولمانە ئەنصارییانەیە کە لە مالو خـانووی خۆیـان لە مەدینەدا جێگیر بوونو ، ئولفەتیان گرتوە بە ئیمانەوەو ، لە پێش کۆچکردنی ئەو موهاجیرانەدا بۆ مەدینەو ؛ ئەوانە کە کۆچیان کردوە بۆ لایان بە دل خۆشیانئەوێنو ، لە دلّی خۆیانا هیچ نیازو مەبەستێکیان بەوە نیـە کـە موهاجیرەکان لە جوولەکەی بەنینەضیرەوە بۆیان جێماوەو حـەزرەت

دابەشی کردوە بەسەریانا • ئەنصارەکان لەوماڵەدا برا موهاجیرییەکانیان پێش خۆیان خستو دەسیان لەو ماڵە هەڵگرت هەرچەن خۆیان نـەداراو کەمدەس بوونو هەژارییان بە خۆیانەوە ئەدی • وە هەرکەسێ لە رژدیو چرووکی نەفسی خۆی بپارێزێ ئەوەئەوانە رزگارو سەرفرازن •

ئە بۆ ئەو کەسانەیش کە پاش کۆچکردنی موهاجیرەکان هاتوون بۆ مـەدینە : کاتێ کـە ئیسـلام هێزی گرت ، وە یاخود ئـەو کەسـانە کە دوای ئەو چبنە پێشوە چوونە ریزی موسوڵمانەکان ئەوانەیش حاڵیـان وایە لە خودا ئەپارێنەوەو ئەڵێن : پەروەردگارا تاوانی ئێمەو ئەو برایانمانە کە پێش ئێمە کەوتوون لە ئیمانهێنانا ببەخشەو کینەو لەکە مەخەرە دڵمانەوە بەرابەر بەوانە کە ئیمانیان هێناوە•پەروەردگارا بە راستی تۆ خاوەن لوطفو میهرەبانی •

بزانن : خاوەن تەفسیرەکان لە بەستنەوەی پەیوەندی ئایەتی (والذین تبوءوا الدار •••)و (والذین جاؤا •••) و بە ئایەتی (للفقراء المهاجرین الذین •••) وەدوو قسەیان هەیە :

هەندێکیان فەرموویانە : ئەمانە پەیوەندییان بەو ئایەتەوە نیە . چونکی خودا بەیانی دەرکردنی جوولەکەکانی بۆ وڵاتی شام کرد . وە پاش ئەوە بەیانی ئەوەی کرد کە دارایی ئەوان لە بەشی (فەیئە)و بە دەست حەزرەتە، چونکی کەس جەنگو هەرای بۆ نەکردوە لەگـەڵ جوولەکەکانا • پاش ئەمە فەرمووی : (ما افاء الله علی رسولە •••) و بەیانی مەصرەفی فەیئی کرد • جا پاش ئەوانە ستایشی ئەنصارەکانی بـە ئایـەتی (والذین تبوؤا الدار •••) کرد • جا دوای ئەوە ستایشی ئەوانەیشی کرد کە پاش ئەوان هاتوون بە (والذین جاؤا من •••) ئیتر ئەم دوو کۆمەڵە پەیوەندییان بـە ئایەتی (للفقراء المهاجرین ••)وە نیە • ئەمە بیری خاوەنی (قورطوبی)یە •

وە هەندێ تر ئەڵێن : نەخەیر ئەم سێ قسە پەیوەندییان ؟ بە یەکەوە هەیەو ئەو خومسی فەیئە کە بەش ئەکرێتەوە بەسەر حەزرەتا لەگەڵ (ذوی القربی)و مەعطووفەکانیاو لە ئەنجامدا خودا بڕیاری داوە کە پێنجیەکی ئەو فەیئە بۆ ئەو چینانەیە لە گەدای موهاجیرەکانو ، لەوانە کــە لــە پێش کۆچکردنی موهاجیرەکانا جێگیر بوون لە مەدینەدا . کە بریتین لە : ئەنصارو لەو کۆمەڵەیش کە لە پاش ئەوان دێن لە (تابعین) • وە لە واقیعدا ئەم بیرە زۆر لە بیری پێشوو جوانترە ؛ چونکە هەرچەند دروستە ئەو دوو ئایەتە پەیوەندییان بە ئایەتی (للفقراء المهاجرین)وە نەبێ بە یاسای عەرەبی ، بەڵام ئەگەر بەسرابن بەیەکەوەو پەیوەندییان بەیەکەوە بێ ئەوە بەیانی مەصرەفی فەیء ئەکا لە هەموو چەرخێکدا ؛ وە ئەمە قازانجێکی باشە •

مالیکی کوڕی ئەوس ئەڵێ : عومەری کوڕی خەطاب ــ خ ــ ئایەتی (انما الصدقات للفقراء والمساکین)ی خوێندەوەو فەرمووی : صەدەقات بۆ ئەم چینانەیە • پاش ئەوە ئایەتی : (واعلموا انما غنمتم من شیء فان ...)ی خوێندەوەو فەرمووی . ئەمەیش بۆ ئەم کۆمەڵەیە • پاش ئەوە ئایەتی (ما افاء الله علی رسوله) خوێندەوە تا گەیشـــتە (للفقراء المهـــاجرین) ئەویشی خوێندەوەو ، ئایەتی (والذین تبوؤا الدار والایمان)ەی خوێندەوەو ئایەتی: (**والذین جاؤا من بعدهم ...)ی خوێندەوەو ، پاش ئــەوە فەرمـــووی** ئەگەر نەمردم شوان لە خــاکی یەمــەنەوە دێتو بەشـــی خۆی لە فەیء **وەرئەگرێ بێ ئەوەی ئارەق کەوتبێتە ناوچاوی • ئەمەیش مەعنای ئەوەیە کە فەیء ناوکۆیی‌و موشتەرەکە بۆ موهاجــیرەکانو ، ئەنصـــارەکانو ،** ئەوانەیش کە دوای ئەوان دێن هەتاهەتایە •

وە ئەگێڕنەوە کە : عومەر لە کاتی خۆیا موهاجیرو ئەنصـــارەکانی بانگکردو راوێژی لەگەڵداکردن دەربارەی بەشـــکردنی ئەوەی خودا

پێیدابوونو فەرمووی : بڕۆن باش بیربکەنەوە جا سبەینێ بێنەوە بۆ لام • جا خۆی ئەو شەوە بیری کردەوەو بۆی دەرکەوت ئەم ئایەتـانە لەبـەر بەشکردنی فەییء هاتوونەتەخواردوە ، کە سبەینێ کۆمەڵی یاران چوون بۆ **خزمەتی فەرمووی : دوێنێ چوومەوە بـەو ئایەتانەدا کـە لـە سـوورەتی** حەشردا خوێندمانەوە ، جا چەند جارێکی دیکە هەر لە (ما افاء الله ••• تا اولائك هم الصادقون)ی خوێندەوەو فەرمووی : فەییء هەر بۆ ئەوانـە نیـەو بەس • وە ئایـەتی (والذین تبوؤا الـدار •••) وئایـەنی **(والذین جاؤا من بعدهم •••)ی خوێندەوەو فەرمووی : یەك كەس نیە لە** ئەهلی ئیسلام بەر ئەوانە نەکەوێت •

یانی هەرچەنە ئەو ئایەتانە پێویست نیە بەسەرابن بە یەکەوە بەڵام بۆ ئەوە کە حوکمی فەییء لەناو موسوڵمانانا لە چەرخی حەزرەتاو لە پاش ئەو هەتـا ئیسرۆ بزانرێ هەر ئەبێ ئەو ئایەتانە بەسرابن بەیەکەوە •

(اَلَمْ تَرَ اِلی الَّذِینَ نَافَقُوا ؟ یَقُولُونَ لِإخْوَانِهِمُ الَّذِینَ کَفَرُوا مِنْ اَهْلِ الْکِتَابِ : لَئِنْ اُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَکُمْ ، ولا نُطِیعُ فِیکُمْ اَحَداً اَبَداً ، وَاِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنْصُرَنَّکُمْ ، واللهُ یَشْهَدُ اِنَّهُمْ لَکَاذِبُونَ (١١) لَئِنْ اُخْرِجُوا لا یَخْرُجُونَ مَعَهُمْ ، ولَئِنْ قُوتِلُوا لا یَنْصُرُونَهُمْ ، ولَئِنْ نَصَرُوهُمْ لَیُوَلُّنَّ الأَدْبَارَ ثُمَّ لاَ یُنْصَرُونَ (١٢) لأَنْتُمْ اَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِمْ مِنَ اللهِ ، ذلِكَ بِاَنَّهُمْ قَوْمٌ لا یَفْقَهُونَ) (١٣)

ئایا نارِوانی بۆ ئەوانە کە دوو دڵییان لەگەڵ پێغەمەرا کردوە: بە ئاشکرا موسوڵمانو لە دلاو لە ژێرەوە کافربوون ؟ بە برا کافرەکانی ئەهلی کیتابیان

ئەڵێن : ئەگەر ئێوە لـە وڵاتی خۆتـان دەربکرێن ئێمەیش لـەگـەڵتـانـا دەرئەچین‌و بە قسەی کەس ناکەین بۆ جەنگکردن لەگەڵتاناو ، ئەگـــەر جەنگتان لەگەڵدا بکرێ لە لایەنی موســـوڵمانەکانەوە ئێمـــە یارمەتیتـــان ئەدەین ، وە خودا شایەتی ئەدا ئەمانە درۆزنن‌و درۆ ئەکەن ، ئەگەر ئـــەو کافرانە دەربکرێن ئەم دوودڵانە لەگەڵیانا دەرناچن ، وە ئەگـــەر جەنگیان لەگەڵدا بکرێ یارمەتییان نادەن ، وە ئەگەر پێوەبن بۆ پەیسان یارمەتییان بدەن زوو پشت لەو جەنگە هەڵئەکەن‌و دوای ئەوەیش لە لایەنی کەسەوە یارمەتی نادرێن‌و ، بەڵکو خودا نائومێدیان ئەکا •

بە راستی ئێوە ، ئەی موسوڵمانەکان ، بەهێزو تەواناترن لە بابەتی بیم‌و ترسانەوە لە دڵی ئەوانا لە خودای تەعالا • یانی ئەو دووڕووانە لە ئێوە زیاتر ئەترسن لەوە کە لە خودا بترسن ، ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کـە ئـەو دوودڵانە گەلێکن لە راستی تێ‌ناگەن‌و نازانن راستی چۆنە •

(لا يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعاً اِلاَّ فِي قُرىً مُحَصَّنَةٍ ، اَوْ مِنْ وَرَاءِ جُدُرٍ ، بَاْسُهُمْ بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ، تَحْسَبُهُمْ جَمِيعاً وقُلُوبُهُمْ شَتَّى ، ذلِكَ بِاَنَّهم قَوْمٌ لا يَعْقِلُونَ (١٤) كَمَثَلِ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ قَرِيباً ذاقُوا وَبَالَ اَمْرِهِمْ ولَهُمْ عَذَابٌ اَلِيمٌ (١٥) كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ اِذْ قَالَ لِلاِنسَانِ : اكْفُرْ ! فَلَمَّا كَفَرَ ، قَالَ : اِنّي بَرِيءٌ مِنْكَ ، اِنّي اَخَافُ اللهَ رَبَّ العَالَمِينَ (١٦) فكَانَ عاقِبَتَهُما اَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهاَ ، وذلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ) (١٧)

ئەو جولەکەو دوودڵانە جەنگ لەگەڵ ئێوەدا ناکەن لە چەند دێیەکدا نەبێ کە قایم‌کرابن‌و بە خەنەك دەورەیان گیرابێ : یاخود مەگەر لە پشتی

دیواری به‌رزی قایمه‌وه نه‌بێ ، ئازارو زیانیان بۆ یه‌کتر زۆرو به‌تینه • تۆ نه‌ ته‌ماشایان بکه‌ی وا گومان ئه‌به‌ی که یه‌کگرتوو هاوبیرن که‌چی وا نین‌و دڵیان جیایه‌و له‌یه‌که‌وه دوورن‌و بیریان جیاوازه . ئه‌مه‌یش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که ئه‌وانه گه‌لێکی وان رێ به راستی نابه‌ن •

حاڵی ئه‌مانه‌یش وه‌کوو حاڵی ئه‌وانه وایه کـه به‌م نزیکانه‌و له پێش ئه‌مانه‌وه بوون وه‌کوو ئه‌هلی (به‌در) یا ئه‌هلی (به‌نی قه‌ینه‌قاع) . کـه به‌دبه‌ختی‌و به‌دئه‌نجامی خۆیانیان له دنیادا چه‌شت‌و له پاشه‌ڕۆژیشا سزایه‌کی سه‌ختیان هه‌یه . وه حاڵی ئه‌و دوودڵانه که خته‌ی جووله‌که‌کان ئه‌ده‌ن بـه داوای یارمه‌تیدانیان وه‌کوو حاڵی نموونه‌ی شه‌یتان وایه که به ئاده‌میزادێکی دیاری وت : به‌دبه‌خت کافر به‌وو من رزگارت ئه‌که‌م له تاوانی کوفره‌که‌ت ! جا کاتێ کابرا کافربوو شه‌یتان هاواری کردو وتی : من به‌ریم‌و په‌یوه‌ندیم به تۆوه نیه ، من له خودای په‌روه‌ردگاری جیهان ئه‌ترسم ! جا ئه‌نجـامی ئه‌وانه ئه‌وه‌بوو که بڕیار درا هه‌ردووکیان له ئاگری دۆزه‌خـدا بمێننـه‌وه هه‌تاهه‌تایه •

بزانن ! ئه‌و ئاده‌میزاده که باسمان کردو شـه‌یتان کافری کرد •• بریتییه له ئه‌بوجه‌هل که له رۆژی به‌دردا شه‌یتان له شێوه‌ی ئاده‌میزادێکدا بۆی ده‌رکه‌وت‌و بانگی کردو وتی : که‌س به‌سه‌ر ئێوه‌دا زاڵ نابێ‌و . ئیمڕۆ ئێوه سه‌رکه‌وتوو ئه‌بن . وه پاش ئه‌وه که کافره‌کان شکان‌و موسوڵمانه‌کان سه‌رکه‌وتن به‌سه‌ریانا ، شه‌یتان یه‌خه‌ی لێهه‌ڵته‌کان‌و وتی : من لـه خـودا ئه‌ترسم‌و ناوێرم یارمه‌تیتان بده‌م •

وه زانا به‌رزه‌کان فه‌رموویانه : مه‌عنای ئه‌م که‌لیمه له‌به‌ر ئه‌مه‌یه کـه شه‌یتان ئینسان بانگی ئه‌کا به هه‌واو هه‌وه‌س هه‌تا کافری ئه‌کا ، پاش ئه‌وه کافر بوو ئه‌مجار ته‌رکی ئه‌کاو به سه‌رگه‌ردانی به‌جێی دێڵێ •

(**یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا اتَقُوا اللهَ ، ولْتَنْظُرْ نَفْسٌ ما قَدَّمَت** لِغَدٍ واتَّقُوا اللهَ ؛ اِنَّ اللهَ خَبِیرٌ بِما تَعْمَلُونَ (١٨) ولا تَکُونُوا کالَّذِینَ نَسُوا الله فَاَنساهُمْ اَنْفُسَهُمْ ؛ اُولائِكَ هُمُ الفاسِقُونَ (١٩) لا یَسْتَوِي اَصْحابُ النَّارِ واَصْحابُ الْجَنَّةِ ؛ اَصْحابُ الْجَنَّةِ هُمُ الفائِزُونَ (٢٠) لَوْ اَنزَلْنَا هذا الْقُرْآنَ علی جَبَلٍ لَرَأیتَهُ خاشِعاً مُتَصَدِّعاً مِنْ خَشْیَةِ اللهِ ، **وتِلْكَ الأمْثالُ نَضْرِبُها لِلنَّاسِ ، لَعَلَّهُمْ یَتَفَکَّرُونَ**)(٢١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! لە خودا بترسن‌و خودا فەرمانی بەچی داوە جێبەجێی بکەن‌و ئەوەی نەهی لێکردوە مەیکەن . وە با هەرکەسێ لە ئێوە بڕوانێ‌و بیربکاتەوە لەو شتەداو لەو کردەوەدا کە کردوویەتی‌و **پێش خۆی خستوەو بەر لە خۆی ناردوویەتی** بۆ سبەی رۆژ کە قیامەتە • وە خۆتان بپارێزن لەو شتانەدا پێشیان ئەخەن با پاك‌و ساف **بۆ خودا بن** •

وە وەکوو ئەو کەسانە مەبن کە خودایان فەرامۆش کردوەو گوێ بە فەرمانەکانی نادەن‌و سەرپێچییان لێئەکەن . خودایش لە تۆڵەی ئەوەدا ئەوانی تووشی دەردێکی وا کردوە کە خۆیان لەبیر چوەتەوە • واتە وەکوو ئەوان (اقرب الموجوداتی واجبیان) فەرامۆش کردوە خودایش (اقرب الموجوداتی ممکن)ی لەبیری ئەوان بردوەتەوە • ئەو کۆمەڵە کە ئاوا خودایان فەرامۆش کردوە فاسقن‌و لە فەرمانی خودا دەرچوون •

ئەوانە کە خودایان لە بیرە ئەهلی بەهەشتن‌و ، ئەوانەیش کە خودایان فەرامۆش کردوە ئەهلی دۆزەخن‌و ؛ دیارە کە ئەهلی بەهەشت‌و دۆزەخ

وه‌كوو یه‌ك نین . ئه‌وانه كه به‌هه‌شتین ئه‌وانه‌ن رزگارو سه‌رفرازو گه‌یشنو به به‌ش‌و باره له لای خوداوه •

ئاده‌میزاد زۆر جێگه‌ی سه‌رسوڕمانه ! ئێمه ئه‌م وتاره به‌رزه‌مان ره‌وانه‌كردوه بۆ سه‌ریان‌و ئه‌وان به‌و گوێره‌ی شیاوه ناڕوانن بۆ ئه‌و قورئانه‌و سه‌رنجی ناده‌ن‌و په‌ندی لێ‌وه‌رناگرن •

ئه‌گه‌ر ئێمه ئه‌م قورئانه‌مان ره‌وانه‌بكردایه بۆ سه‌ر كێوێ‌و ، ئه‌و كێوه له مانای قورئانه‌كه بگه‌یشتایه ئه‌نبینی ئه‌و كێوه ئه‌كه‌وت‌و له‌ت‌له‌ت ئه‌بوو له ترسی خودا • وه ئێمه ئه‌م نموونه‌و وتاره سه‌رسوڕهێنه‌رانه دێنینه‌وه بۆ خه‌ڵك به هیوای ئه‌وه كه بیر له حاڵی خۆیان بكه‌نه‌وه‌و له تاوانباری ده‌سبه‌ردار ببن •

(هو اللهُ الَّذِي لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ عالِمُ الغَيْبِ والشَّهادَةِ . هُوَ الرَّحمنُ الرَّحِيمُ (٢٢) هُوَ اللهُ الَّذِي لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ المَلِكُ القُدُّوسُ السَّلامُ المُؤْمِنُ المُهَيْمِنُ العَزِيزُ الجَبَّارُ المُتَكَبِّرُ ... سُبْحانَ اللهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ! (٢٣) هُوَ اللهُ الخَالِقُ البَارِيءُ المُصَوِّرُ . لَهُ الأَسْماءُ الحُسْنى ، يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ ، وهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ) (٢٤)

خودا ئه‌و خودایه كه كه‌س (واجب الوجود)و په‌روه‌ردگار نیه ئه‌و نه‌بێ ، زانای په‌نامه‌كی‌و دیاریه‌و ، خودایێكه میهره‌بانه له دنیاو قیامه‌تا به نیعمه‌تانی گه‌وره‌و بچووك ؛ خودا ئه‌و خودایه كه كه‌س په‌رستراو نیه ئه‌و نه‌بێ . كه ئه‌و پاشایه‌و زۆر دووره له كه‌م‌و كووڕی‌و ناته‌واوی‌و . سه‌لامه‌ته‌و دووره له نه‌قصی صیفات‌و ئه‌فعال‌و،هێمنی ئه‌به‌خشێ به هه‌ركه‌سێ مه‌یلی بێ‌و،

چاودێرو پارێزەرە بۆ هەموو شتێو ، خاوەن عیززەتەو ، جەبباری بەندەکانی خۆیەتی •واتە : هەرکەسێ تووشی کەمو ناتەواوی بێ ئەوە خودا ئەتوانێ بۆی چاك بکاتەوەو کەموکوورییەکەی بۆ تەواو بکا • وە خـــاوەن عەظەمەتە . وە خودا پاکە لەو شتانە کە کافرەکان ئەیدەنەپاڵی • وە خودا خودایەکە هەرچی دروست ئەکا لەسەر ئەندازەو شێوەی بڕیاردراو دروستی ئەکا • وە تەصویری هەموو مەخلووقاتی مادی ئەکا لەســەر پێویســتو موقتەزای حیکمەت • وە نەوەدو نـۆ نـــاوی پـیرۆز بۆ ئەوهەیە • وە تەسبیحی خودا ئەکا هەرچی وا لە ئاسمانەکانو زەویدا ، وە ئەو خودایە بە عیززەتو خاوەن حیکمەتە •

سوورەتی مومتەحینە ، لـە سـوورەتە مەدینەییەکانە ، سیازدە ئایەتە ، دوای سوورەتی ئەحزاب هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا ! لا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ . تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وقَدْ كَفَرُوا بِما جاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ ، يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ ، وإيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللهِ رَبِّكُمْ . إِنْ كُنْتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَاداً فِي سَبِيلِي وابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ .وأَنَا أَعْلَمُ بِما أَخْفَيْتُمْ وما أَعْلَنْتُمْ . ومَنْ يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَواءَ السَّبِيلِ (١)

إِنْ يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاءً ويَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وأَلْسِنَتَهُمْ بِالسُّوءِ ، وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ(٢) لَنْ تَنْفَعَكُمْ أَرْحامُكُمْ ، ولا أَوْلادُكُمْ يَوْمَ الْقِيامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ . واللهُ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) (٣)

ئەم ئایەتانە لە حاتەبی کوڕی بەلتەعەدا هاتنەخوارەوە . کاتێ بەوەی زانی کە حەزرەت ئەیەوێ سوپا بەرێ بۆ سەر مەککە بۆ گرتنی ، نامەیەکی بۆ خەڵکی مەککە نووسی کە : پێغەمەر بە سوپاوە هات بۆ سەرتان ئاگاتان لەخۆتان بێ ! وە ئەم نامەیە دا بە (سارە) کە ژنێکی ئازادکراوی بەنیموتەلیب بوو ، جا جوبرەئیل هات بۆ لای حەزرەت و هەواڵی پێداو.

حەزرەت عەلی‌و ، عەمسارو ، طەلحەو ، زوبەیرو ، میقدادو ، ئەبومەرثەدی ناردو ، فەرمووی : بڕۆن هەتا ئەگەنە باخچەی (خاخ) لەوێدا کەژاوەیێ هەیە ژنێکی تێدایەو نامەکە لای ئەو ژنەیە • نامەکەی لێ‌بسێنن‌و بەرەلای بکەن • ئەگەر نامەکەی نەداپێتان بیکوژن • جا ڕۆیشتن لەو شـــوێنەدا پێی‌گەیشتن‌و داوای نامەکەیان لێ‌کرد • حاشای کردو وتی : شتی وام لا نیەء حەزرەتی عەلی شمشێری لێ رووت‌کرد بیکوژێ ! ئەوسا چوە ژێرو پێی لێ‌ناو ، نامەکەی لە ناو مووی تەوقەسەریدا دەرهێنا • نامەکەیان هێنایەوە بۆ مەدینە ، جا حەزرەت حاطەبی بانگ‌کردو پرسی : بۆچی وات کـــرد ؟ ئەویش عەرزی‌کرد وتی : ئەی پێغەمەری خودا لەو کاتەوە موسولمان بووم کوفرم نەکردوەو غەشم لێ‌نەکردووی‌و ، بە دڵسۆزی‌و ساغی فرمانم‌کردوە، بەلام من پیاوێکم خێزان‌و پەیوەندیم لەنـــاو قورەیشایەو کەســم نیـــە بیان‌پارێزێ •• ویستم ئەم نامە بکەم بە خزمەتی‌و منـــەتی بەســـەریانەوە ، ئەیشسزانی کە ئەم نامەی منە سوودێکی بۆ ئەوان نیـــەو جێگەی هیـــچ ناگرێ •

حەزرەت ـ د ـ باوەڕی پێ‌کردو بیانوەکەی لێ‌وەرگرت •

جا خودا فەرمووی : ئەی کەســـانێ کـــە باوەڕتان هێناوە بەخوداو پێغەمەر ! دوژمنی من‌و دوژمنی خۆتان مەگرن بە دۆست هەتا نهێنی‌و شتی پەنامەکی خۆتان بە نامە بگەیەنن بەو دوژمنانەو ، **لەگەڵ ئـــەوەدا ئـــەوان بێ‌باوەڕن‌و باوەڕیان بەم قورئانەنیە کە هاتوە بۆتان** ، وە پێغەمەرو ئێوەیان دەرکرد لەسەر ئەوە کە باوەڕتان بە خودای تاق‌و تەنیا کرد • دەی مادام **ئێـــوە دەرچوون بۆ جیهادو غـــەزاو گیانبازی لەبەر خوداو داوای ڕەزای خودا ئەکەن** •• چۆن ئێوە بە پەنامەکی نامەیان بۆ ڕەوانە ئەکەن‌و ، من زاناترم لە ئێوە بەوەی بیشارنەوە یا دەری‌بڕن ؟ وە کەسێ لە ئێوە ئـــەم

جۆره کاره ناباره بکا ئه‌وه ڕێگه‌ی ڕاستی ونکردوه ٠

ئه‌گه‌ر ئه‌و کافرانه ده‌ستیان به‌سه‌رتانا بڕوا ئه‌بن به دوژمنتانو ده‌ستو زمانتان بۆ درێژ ئه‌که‌نه‌وه ؛ واته به ده‌ست ئازارتان ئه‌ده‌نو . به زمان قسه‌تان له دژ ئه‌که‌نو دیعایه‌ی خراپتان ده‌رباره ئه‌که‌نو . زۆر حه‌ز ئه‌که‌ن که کافر بینو ڕێگه‌ی خۆتان به‌رده‌نو بچنه سه‌ر ڕێگه‌ی ئه‌وان ٠

بزانن ! که خزمو خوێشو نه‌ته‌وه‌و په‌یوه‌ندتان له ڕۆژی قیامه‌تدا هیچ سوودێکتان پێ‌ناده‌ن ٠ جا خودا له‌و ڕۆژه‌دا له یه‌کتان جیائه‌کاته‌وه‌و ؛ به‌هه‌شتی‌ی بۆ به‌هه‌شتو دۆزه‌خی‌ی بۆ دۆزه‌خو . خودا بینایه به هه‌موو کرده‌وه‌یه‌کی ئێوه ٠

(قَدْ كانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ ، إِذْ قالُوا لِقَوْمِهِمْ : إِنَّا بُرَآءُ مِنْكُمْ ، وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللهِ . كَفَرْنَا بِكُمْ ، وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَداوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَداً حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللهِ وَحْدَهُ ؛ إِلاَّ قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ : لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ . وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللهِ مِنْ شَيْءٍ . رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا . وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا . وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (٤) رَبَّنَا لا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا . وَاغْفِرْ لَنَا . رَبَّنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٥) لَقَدْ كانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كانَ يَرْجُو اللهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ . وَمَنْ يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ) (٦)

به ڕاستی هه‌یه بۆ ئێوه له حه‌زره‌تی ئیبراهیمو په‌یڕه‌وه‌کانیدا صیفه‌تێکی جوانی په‌سه‌ندی وه‌ها که پێویسته شوێنیان بکه‌ونو بیانکه‌ن

بە پێشەوای خۆتان لەو ڕەوشتە جوانەدا ؛ کە بریتییە لە دەربڕینی بێ‌بەشیو دوورکەوتنەوەو یەخەهەڵتەکاندن لە کافرەکان ؛ جا ئەو ڕەوشـتیانە لەو کاتەدا بوو کە بە گەلەکەیانیان وت : بە ڕاستی ئێمـــە هـــەموومان بەریو تەریکین لە ئێوەو لەو بتانە کە ، بێجگە لە خودا ؛ ئەیانپەرستن . باوەڕمان بە خۆتانو بتەکانتان نیەو ، دوژمنایەتی لە نێوان ئێمـــەو ئێوەدا ســـەری هەڵداو ، جەنگو رقو کینەمان لەگەڵتانایە هەتاهەتایە ؛ مەگەر کاتێ ئـــەم دوژمنایەتییە تەواو ببێ کە ئێوە باوەڕ بە خودای تاقی تەنیا بکەن •

ئیبراهیمو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون شیاوی ئەوەن پێشەوای ئێوە بن لە هەموو شتێکدا ؛ لە وتەکەی حەزرەتی ئیبراهیمدا نەبێ کە بە باوکی وت: داوای لێخۆشبوونت لە خودا بۆ ئەکەم ؛ ئەوە حەقتان نیـــە لەوەدا وەك ئیبراهیم بکەن ؛ چونکە داواکەی ئەو لە پێش نەهی خودادا بوو لێی . ئیتر پاش ئەوە کە خودا نەهی لێکرد ماوەو ڕێگەی داوای ئەو لێخۆشبوونە نامێنێ • وتەکەی حەزرەتی ئیبراهیمیش ئەوەبوو لە کاتی خۆیا بە باوکی فەرموو : من لەمەولا داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەکەمو هیچم بەدەس نیـــە لە لای خوداوە بۆ تۆ لەوە زیاتر . ئیتر خودا کەیفی خۆیـــەتی داواکـــەم لێوەرئەگرێ یا نە •

وە حەزرەتی ئیبراهیم ئەپاڕایەوەو ئەیفەرموو : پەروەردگارا پشت بە تۆ ئەبەستینو ، پەنامان هەر تۆیتو ؛ بۆ لای تۆ ئەگەڕێینەوەو ، ئەنجامسان بۆ لای تۆیە • پەروەردگارا ! مەمانکە بە فیتنە بۆ کافرەکان ؛ واتە مەمانکە بە جێگەی بەڵاو مەینەتی لە لایەنی کافرەکانەوەو ؛ زاڵیان مەکە بەسەرمانا هەتا گیرۆدەمان بکەن بە سزایێ لە تەواناماندا نەبێ هەڵیبگرین ؛ وە تاوانمان ببەخشە ، پەروەردگارا بە ڕاستی تۆ خاوەن عیززەتو خاوەن حیکمەتی •

بەراستی هەیە بۆ ئێوە لە حەزرەتی ئیبراهیمو پەیڕەوکانیدا رەوشتی جوانی وەها کە ئێوەش بیانگرنو پەیڕەوی ئەوانی تێدا بکەن . هەروەها ئەم پەیڕەوی رەوشتە جوانە بۆ هەموو کەسێکیش هەیە کە هیوای کەرەمی خودای هەیەو . بە هیوای سەربەرزی پاشەڕۆژە • وە هەرکەسێ پشت لـە رەوشتی بەرزی پێغەمەران هەڵبکا ئەوە خودا دەوڵەمەندەو نیــازی بــەر کەسە نیە •

(عَسى اللهُ اَنْ يَجْعَـلَ بَيْنَكُمْ وبَيْنَ الَّذِينَ عادَيْتُمْ مِنهُمْ مَوَدَّةً . والله قَدِيرٌ . واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٧) لا يَنهاكُمُ اللهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلوكُمْ في الدِّينِ . ولَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وتُقْسِطُوا إليهِمْ ، إنَّ اللهَ يُحِبُّ المُقْسِطِينَ (٨) إنَّما يَنْهاكُمُ اللهُ عَنِ الَّذِينَ قَــاتَلُوكُمْ في الدِّينِ . وأخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيارِكُمْ . وظاهَرُوا عَلى إخْراجِكُمْ أنْ تَوَلَّوْهُمْ ، ومَنْ يَتَوَلَّهُمْ فأُولئِكَ هُمُ الظّالِمُونَ)(٩)

هیوا وایە کە خودا خۆشەویستی بخاتە نێوان ئێوەو ئەو کەسانەوە کە دوژمنایەتیان لەگەڵا کردن ، وە خودا تەوانایـــەو خودا تاوانبەخشەو میهرەبانە • خودا رێگەتان لێ ناگرێو نەهیتان لێ ناکا لەوە کە چاکە بکەنو بە باشی رەفتار بکەن لەگەڵ ئەوانەدا کە جەنگیان لەگەڵدا نەکردوون لـە بارەی دینەوەو . لە خانووبەرەی خۆتان دەریاننەکردوون . خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە بە باشیو عەدالەت رەفتار ئەکەن • وە خودا نەهی لەوە ئەکا کە چاکەو میهرەبانی لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە جەنگیان لەگــەڵا کردوون لەسەر ئەوە کە دینتان هەیەو لە ماڵو خانووی خۆتان دەریانکردوون .

یارمەتی دوژمنانی ئێوەیان داوە بۆ دەرکردنتان ، جا کەسێ ئەوانەی خۆشی بوێ ئەوە بە ستەمگەر ئەناسرێن و ستەمگارن .

دەگێڕنەوە کە : (فتیلە)ی کچی (عبدالعزی) لە حـــالی کافریدا رۆیشت بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ دیدەنی ئەســـمای کچی ئەبوبەکری صدیق ، کە کچی (فتیلە) بوو ، وە ئەسما ئەیویست خزمەتی بکـا ، هەستا چوە خزمەتی حەزرەت و پرسیاری لێکرد دەربارەی ئەوە . جا ئەم ئایەتـە هاتەخوارەوەو . ئەسما پاش ئەوە باش خزمەتی کرد .

(یا اَیُّها الَّذینَ آمَنوا ! اِذا جاءَکُمُ المُؤْمِناتُ مُهاجِراتٍ فامْتَحِنُوهُنَّ ، اللهُ اَعْلَمُ بِاِیمـــانِهِنَّ ، فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِناتٍ فَلا تَرْجِعُوهُنَّ اِلی الکُفّارِ ، لاهُنَّ حِلٌّ لَهُمْ ، ولا هُمْ یَحِلُّونَ لَهُنَّ ، وآتُوهُمْ ما اَنْفَقُوا ، ولا جُناحَ عَلَیْکُمْ اَنْ تَنْکِحُوهُنَّ اِذا آتَیْتُمُوهُنَّ اُجُورَهُنَّ . ولا تُمْسِکُوا بِعِصَمِ الْکَوافِرِ ، واسئَلُوا ما اَنْفَقْتُمْ ، ولْیَسْأَلُوا مـا اَنْفَقُوا ذلِـــکُمْ حُکْمُ اللهِ یَحْکُمُ بَیْنَکُمْ ، واللهُ عَلیمٌ حَکیمٌ (١٠) وإنْ فاتَکُمْ شَیْءٌ مِنْ اَزْواجِکُمْ اِلی الکُفّارِ فَعاقَبْتُمْ ، فَآتُوا الَّذینَ ذَهَبَتْ اَزْواجُهُمْ مِثْـــلَ مـا اَنْفَقُوا ، واتَّقُوا اللهَ الَّذي اَنْتُمْ بِهِ مُؤْمِنُونَ) (١١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان هەیە بە خوداو پێغەمەری خودا : کاتێ ژنـە خاوەن ئیسانەکان هاتن بۆ لاتان لە شێوەی ژنانی کۆچکردوودا . واتە ئەگەر ژنێکی کافر ئیسانی هێناو کۆچی کرد بۆ لاتان لەگەڵ داوای ئیسانداو وتی ئیمانم هێناوە ، ئەوە بەراوردی ئەحوالیان بکەن بە مەشـــغووڵبوون بـــە

به‌نده‌یی‌کردن‌و خۆگرتن به ئادابی ئیتنه‌وه به وه‌خت‌و ناوه‌ختاو بـه هۆی ده‌مودوو وتاریانه‌وه هه‌رچه‌ند خودا راستی ئه‌زانێ • جا ئه‌گه‌ر به باشی بۆتان ده‌رکه‌وت که ئه‌وانه خاوه‌ن باوه‌رِن ئیتر مه‌یاندنه‌وه به کافره‌کان ، نه ئه‌مانه حه‌لاڵن بۆ ئه‌وان‌و نه ئه‌وانیش حه‌لاڵن بۆ ئه‌مان . وه هه‌رکام له‌وانه شووی کردبوو مێردی هه‌بوو مێرده‌که‌ی هاتبوو به شوێنیاو داوای ئه‌کرده‌وه ، ئه‌وه ئه‌وان چییان داوه به‌و ژنانه له خه‌رج‌و ماره‌یی بیاندنه‌وه • وه گوناهتان نیه که ماره‌یان بکه‌ن که‌ماره‌یی‌یه‌که‌تان داپێیان • وه هه‌رگیز گوێ به نیکاحی (عیصمه‌ت)ێ مه‌ده‌ن که له ناو کافره‌کانا بریاردرابێ‌و . وه ئێوه داوای ئـه‌و ئه‌ندازه بکه‌ن که خه‌رجتان کردوه ئه‌گه‌ر ژنێ له ژنانی ئێوه رۆیشتنه‌وه بۆ ناو کافره‌کان . وه با ئه‌وانیش داوای ئه‌و پاره بکه‌ن که صه‌رفیان‌کردوه ئه‌گه‌ر ژنی موسوڵمان له لای ئه‌وانه‌وه هاتن بۆ لای ئێمه • ئه‌مه‌ی به‌یاذکرا حوکمی خودایه حوکمی پێ ئه‌کا له‌ناو ئێوه‌داو . خودا زاناو خاوه‌ن حیکمه‌ته • بـه پێی مه‌صڵه‌حه‌ت ئه‌حکام دائه‌نێ بۆ به‌نده‌کانی خۆی • وه خودای تـه‌عالا خاوه‌ن عیلم‌و خاوه‌ن حیکمه‌ته • وه ئه‌گه‌ر یه‌کێ له ژنه‌کانی ئێوه له ده‌ستتان ده‌رچوو رۆیشت بۆ لای کافره‌کان ؛ جا نۆبه‌ی ئێوه هات که ماره‌یی ژنێ بده‌ن که به‌موسوڵمانی له لای کافره‌کانه‌وه هاتوه بۆ لای ئێوه •• ئـه‌وه ماره‌ییه‌که مه‌ده‌نه‌وه به کافره‌کان ؛ به‌ڵکو بیده‌ن به‌و که‌سه که ژنه‌که‌ی لـه ده‌س‌ده‌رچوه‌و چوه‌ته ناو کافره‌کان •

ده‌گێرنه‌وه : کاتێ که ئایه‌تی پێشوو هاته‌خواره‌وه کافره‌کان به‌وه رازی نه‌بوون که ماره‌یی ئه‌و ژنانه ئه‌رۆنه‌وه بۆ لایـان بـده‌ن بـه شـــووه موسوڵمانه‌کانیان . جا ئه‌م ئایه‌ته هاته‌خواره‌وه • واته : مادام ئه‌وان ماره‌یی ئه‌و ژنانه نادده‌نه‌وه به خاوه‌نه‌کانیان له موسوڵمانه‌کان • ئێوه‌یش کاتێ ژنێکی ئه‌وان موســـوڵمان بوو هات بۆ لاتان‌و موسوڵمانێ ماره‌ی‌کردو خاوه‌نه

کافرەکەی هات بە شوێنیا مارەیی ئەم ژنە مەدەن بەو مێردە کافرەی کە هاتوە بەدوایا ، بەڵکو بیدەن بەو پیاوە موســوڵمانە کە ژنەکەی چوە بۆ نـــاو کافرەکان ، حەق بەحەق ، وەکوو بارمتەی ناو خەڵك .

وە بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە خودا فەرمووی : وە بترســن لەو خودایە باوەڕتان پێ کردوەو چاودێری ئەم فەرمانانەی بکەن .

دەگێڕنەوە : لە موعاهەدەی حودەیبییەدا بڕیاردرابوو : کاتێ یەکێ لــە کافرەکان رای کرد بۆ لای ئێمەو ئەوان هاتن بەشوێنیا ئێمە بیگێڕینەوە . بە گوێرەی ئەمە پێویست بوو کاتێ ژنێکیش لەوان موسوڵمان بێ و بێت بۆ لای موسوڵمانەکان هەر رەوانە بکرێتەوە بۆ لایان . بەڵام خودا ئایــەتی ناردو ، گەڕانەوەی ئەو ژنە موسوڵمانانەی بـۆ لای کافرەکان مەنع کردو ، بڕیاری دا مادام شووەکەی هــات بە شوێنیا مارەیی ژنەکـەی پێ بدرێ و ژنەکەی لە لای ئێمە بمێنێتەوە هەتا شوو ئەکا بە هەرکەس ئارەزوو ئەکا ؛ چونکی گێڕانەوەی ژنی موسوڵمان بۆ ناو کافر مەنع کرابوو .

لەسەر ئەم یاسا (سبیعە)ناوی کچی حەرثی ئەسلەمی بە کۆچکردوویی هات بۆ مەدینەی مونەووەرە مێردەکەی کە (مسافر)ی مەخزوومی بوو هات بەشوێنیا داوای ژنەکەی کردەوەو ، ئایەتی (اذا جاءك المؤمنات مهاجرات..) هاتەخوارەوە . حەزرەت سەبیعەی سوێند دا کە بە راستی و بێ فێڵ موسوڵمان بوە ، ئەویش سوێندی خواردو . حەزرەت ئەوەی کە (موسافیر) لە سەبیعەدا سەرفی کردبوو دایەوە پێی و . موسافیر رۆیشتەوە بۆ مەکەو . سەبیعە شووی کرد بە عومەری کوڕی خەطاب ــ خ ــ و تەواوی مارەیی دایێ .

(یا اَیُّها النَّبِیُّ اِذا جاءَكَ المُؤْمِناتُ یُبایِعْنَكَ علی اَنْ : لا یُشْرِکْنَ بِاللهِ شَیْئاً ، ولا یَسْرِقْنَ ، ولا یَزْنِینَ ، ولا یَقْتُلْنَ

اَوْلاَدَهُنَّ . وَلاَ يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ اَيْدِيهِنَّ
وَأَرْجُلِهِنَّ . وَلاَ يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ .. فَبَايِعْهُنَّ
وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللهَ . إِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٢) يَا اَيُّهَا الَّذِينَ
آمَنُوا ! لاَ تَتَوَلَّوْا قَوْماً غَضِبَ اللهُ عَلَيْهِمْ . قَدْ يَئِسُوا مِنَ
الآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ اَصْحَابِ الْقُبُورِ) (١٣)

واته : ئه‌ی پێغه‌مه‌ر ! كاتێ ئه‌و ژنانه كه مه‌یلیـــان له باوه‌ركردنو موسولمانبوونه هاتن بۆ لات كه موبایه‌عه‌ت له‌گه‌ڵا بكه‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه كه : به هیچ جۆرێ هاوبه‌ش بۆ خودا بڕیارنه‌ده‌نو . دزی نه‌كه‌نو . زینا نه‌كه‌نو . منداڵی خۆیان نه‌كوژن . واته كچی خۆیان زینده‌به‌چاڵ نه‌كه‌نو . بوختـانی درۆ له نێوان ده‌ستوپێی خۆیانا نه‌كه‌ن . واته : منداڵی بێگانه نه‌هێنن له به‌ینی ده‌ستوپێی خۆیان دابنێنو . به درۆو ناحه‌ق بیكه‌ن بـه منـداڵی مێرده‌كه‌ی خۆیان . وه له هیچ كرده‌وه‌و بیروباوه‌ڕێكی ناسراوی ئاینیـدا نافه‌رمانی تۆ نه‌كه‌نو سه‌رپێچی له فه‌رمانی تۆ نه‌كه‌ن ... ئه‌وه تۆ موبایه‌عه‌یان له‌گه‌ڵدا بكه‌و هه‌ركام له‌وانه به یه‌كێ له كۆمه‌ڵه‌ی ژنانی موسوڵمان بژمێره‌و. داوای تاوانبه‌خشییان له خودا بۆ بكه . به راســتی خودا تاوانبـه‌خشو میهره‌بانه .

بزانن ! ئه‌م موبایه‌عه‌ی حه‌زره‌ته ــ د ــ له‌گه‌ڵ ژنانا له فه‌تحی مه‌كه‌دا بوو ، وه پاش ئه‌وه كه پیاوان موبایه‌عه‌یان كرد حه‌زره‌ت ــ د ــ له‌ســه‌ر ته‌په‌ی (صه‌فا) دانیشتو عومه‌ر له خواره‌وه دانیشـــتو ژنان هاتن بۆ موبایه‌عه . (ابن الجوزی) ــ خ ــ ئه‌فه‌رموێ : جومله‌ی ئه‌و ژنانـه كـه حازربوون له بۆ موبایه‌عه چوارصه‌دو په‌نجاو حه‌وت ژن بوون ، وه ده‌ستی نه‌خسته ناو ده‌ستی هیچ ژنێكه‌وه .

وە لە صەحیحی موسلیمدا لە عائیشەوە ــ خ ــ ئەگێڕێتەوە : کە ژنان لە مەکەوە کۆچیان ئەکرد بۆ مەدینە تاقی‌ئەکرانەوە بە ئایەتی (یا ایها النبی اذا جاءك المؤمنات ..) تا دوایی ئایەتەکە • عائیشە ئەفەرمویت : هەر ژنێ ئیقراری بــەم مادانە بکردایە کە لەم ئایەتەدان ئــەوە حــــەزرەت ــ د ــ پێی‌ئەفەرموون : بڕۆن خوا حافیز ئەوا موبایەعەم لەگەڵا کردن • وەلاهی حەزرەت دەستی لە دەستی هیچ ژنێکیان نەکەوت !

عائیشە ــ خ ــ ئەڵێ : وەڵاهی : هەرگیز حەزرەت موبایەعەی لەگەڵ هیچ ژنێکدا نەکردوە بەوە نەبێ کە خودا فەرمانی پێداوە . وە دەســـتی حەزرەت نەکەوتوە لە دەستی هیچ ژنێ • وە هــەر کــاتێ کــە عەهدی لێوەرئەگرتن ئەیفەرموو : ئەوا بە وتار موبایەعەم لەگەڵا کردن •

وە (ام عطیــە) ئەڵێ : کاتێ حــەزرەت ــ د ــ گەیشتە مەدینــەی مونەووەرە پاش ماوەیێ ژنی ئەنصاری کۆکردەوە لە ماڵێکــدا . دوایی عومەری کوڕی خەطابی نارد لە دەرگای ماڵەکەدا وەستاو . حەزرەت ــ د ــ سەلامی‌کردو ژنەکان وەلامی ســـەلامەکەیان دایەوە • جــا فەرمووی : من پێغەمەری خودام بۆ لای ئێوە بۆ ئەوە کە بە هیچ جۆرێ هاوبەش بۆ خودا دانەنێن . ئەوانیش وتیان : بەڵێ • جا حەزرەت لە دەرەوەی ماڵەکەوە دەستی درێژکردو . ئێمەیش لە ناوەوە دەستمان درێژکرد • لە پاش حەزرەت ــ د ــ فەرمووی : خوایە بەشایەت بە !

عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە ئەگێڕێتەوە . کە حەزرەت موبایەعەی لەگەڵ ژناندا ئەکرد فەرمانی ئەدا کــــــەیرێ ئاویان ئەهێناو دەستی تێ‌ئەخست ، لە پاشان ئەیفــەرموو بە ژنــەکان ئەوانیش دەستیان ئەخستە ئەو کاسەوە •

جا وه‌کوو خودا له سه‌ره‌تای سووره‌تی (ممتحنه)وه فه‌رمانی دا بـــه موسولمانان له دۆستایه‌تی کافران . به‌هه‌مان شـــێوه کۆتایی بــه سووره‌ته‌که هێناو فه‌رمووی : ئه‌ی که‌سانێ که باوه‌ڕتان بـه خوداو پێغه‌مه‌ر هێناوه دۆستایه‌تی مه‌که‌ن و گه‌لێکی وه‌ها به دۆست مه‌گرن که خودا قـــاری لێ گرتوون و حاڵیان وایه نائومێد بوون له پاداش و خۆشی پاشه‌ڕۆژ وه‌کوو چۆن کافران نائومێدبوون له گه‌ڕانه‌وه‌ی مردووه‌کانی گۆڕ بۆ لایان . وه‌یا وه‌کوو نائومێدبوونی کافرانی مردووی ناو گۆڕ پاش ئـــه‌وه ئاگاداربوون له‌سه‌ر به‌دبه‌ختی خۆیان له لایه‌نی فریشته‌کانه‌وه ٠ په‌نابه‌خودا !

ده‌گێڕنه‌وه : ئـــه‌م ئایـــه‌ته هاتوونه خواره‌وه ده‌رباره‌ی هـــه‌ندێ لـــه موسولمانه موهاجیره هه‌ژاره‌کان که هاتوچۆی لای جووله‌که‌کانیان ئه‌کرد بۆ ئه‌وه له باخ و بێستانیانا ئیش بکه‌ن و له به‌ری ئه‌و باخانه وه‌ربگرن ٠

سوورەتی (صەف) لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، چواردە ئایەتە ، دوای سوورەتی (تەغابون) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

(سَبَّحَ لِلّٰهِ مَا فِي السَّمٰوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ ، وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ! لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ ؟(٢) كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ (٣) إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفّاً كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ) (٤)

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام - خ - ئەڵێ : کۆمەڵێ لە یارانی حەزرەت - د - دانیشتبووین و . لەناو خۆمانا قسەمان ئەکرد ، وتمان : ئەگەر بمانزانیایێ چ کردەوەیێ لە لای خودا زۆر چاکەو خودا پێی خۆشە ! جا خودا ئایەتەکانی (سبح لله ...) هەتا : (کأنهم بنیان مرصوص)ی ناردەخوارەوە .

واتە : تەنزیهی خودا ئەکەن . تەسبیحو تەقدیس بۆ خودا ئەکا هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە . وە ئەو خودایە خاوەن عیززەتو خاوەن حیکمەتە .

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان هێناوە ! بۆچی بە زمان شتێ ئەڵێنو بە کردەوە نایکەن ؟ ئەوە کە شتێ بڵێنو نەیکەنو هەر قسەبێو کردەی نەکەن ئا نەبێ لای خودا زۆر گەورەیەو ، خودا قاری لەو جۆرە شتانەیە زۆری

بێناخۆشە • بە ڕاستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە جیهادئەکەن لـە ڕێگەی خوداداو بە ڕیز ئەوەستن لە جەنگدا وەك ئەوە کـە چۆن بینایەك دروستکرابێ‌و هەمووی لکابێ بەیەکەوە . وەها کە ڕێگەی هیچ نەمێنێ بۆ لێدەرچوونی • یا بینابێ کە بەینەکانی دیوارەکەی بە قورقوشم داڕژرابێ • وە ئەمە کینایەیە لە یەکدڵی‌و یەکیەتییانو . کینایەیە لە مانەوەیان لە شوێنی خۆیانا هەتا سەرئەکەون بەسەر دوژمنەکانیانا •

(وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ : يَا قَوْمِ ! لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَدْ تَعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ ؟ فَلَمَّـا زَاغُوا أَزَاغَ اللهُ قُلُوبَهُمْ . وَاللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) (٥)

باسی ئەوە بکە کە مووسای کوڕی عیمران بە گەلەکەی خۆی کـە بەنی ئیسرائیل بوون فەرموو : ئەی گەلی من بۆچی ئازاری دڵم ئەدەن بـە بێباوەڕی بە خوداو . بە تاوانکردنو نیسبەتدانی عەیبی بێ‌ئەساس بۆ لام ؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئێوە بێ‌گومان ئەزانن من پێغەمەری خودامو ڕەوانەکراوم بۆ لای ئێوە بە هۆی ئەو موعجیزاتەوە کە خودا بۆی کردووم . بە هۆی ئەو بەرکەوتنانەوە کە خودا دای پێم بەسەر دوژمنانا • جـا کاتێ ئـەو بەنی ئیسرائیلیانە گوێیان بە قسەکەی مووسا نەداو لایاندا لەوە کە قسەکەی وەربگرن خودایش دڵی ئەوانی لادا لە وەرگرتنی حـەق : چونکی خودا هیدایەتی گەلێ نادا کە لە یاساو سنووری دین دەرچن بە هیـدایەتی کـە بیانگەیەنێ بە مەبەست •

(وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ . يَا بَنِي إِسْـرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ . وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ . فَلَمَّـــ

جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا : هذا سِحْرٌ مُبِينٌ (٦) وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الإِسْلَامِ ؛ وَاللهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٧) يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُا نُورَ اللهِ بِأَفْوَاهِهِمْ ؛ وَاللهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (٨) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ ؛ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ) (٩)

وە باسی ئەوە بکە کە عیسای کوڕی مەریەم ـ د ـ فەرمـووی : ئەی بەنیئیسرائیل ! بێگومان من پێغەمەرمو لە لایەنی خوداوە رەوانەکراوم بۆ لای ئێوەو حالّم وەهایە باوەڕی خۆم دەرئەبڕمو رای‌ئەگەیەنم کـە ئـەو کتێبەی پێش من هاتوەتەخوارەوە وەکوو تەوراتی مووسایێ راســـتەو باوەڕم پێیەتی ؛ هەروەها موژدەدەریشم بە پێغەمەرێ کە لە پاش من دێت‌و ناوی ئەحمەدە ــ د ــ جا کاتێ ئەو پێغەمەرە موژردەپێدراوە هات بۆ لایان بە موعجیزاتی ئاشکراوە ؛ لە باتی ئەوە پێشوازی بکەن‌و باوەڕی پێ‌بکەن وتیان : ئەم کیتابە کە ئەم زاتە هێناویەتی جادوویەکی دیارییە ! جا کێ لەو کەسە ستەمگارترە کە درۆ بە دەم دینی خوداوە هەڵبەستێ ، کـەچی ئـەو **کەسە بانگ‌ئەکرێ بۆ ئەوە ئایینی ئیسلام هەڵبژێرێ‌و باوەڕی پێ بکـا ؟ وە** خودای تەعالا گەلی ستەمگار شارەزا ناکا •

ئەم کافرە خاوەن کتێبیانە لە گاورو جوولەکە ئەیانەوێ چرای ئیسلام بە دەم‌و فوو بکووژێننـەوە ؛ وە خودا نوورو رووناکی خۆی ؛ ئـەو رووناکییەی کە ویستوویەتی خۆرهەڵات‌و خۆرنشینی پێ رووناك بکاتەوە •• تەواو ئەکا هەرچەند کافرەکان پێیان ناخۆش بێ •

خودا ئەو زاتە میهرەبانەیە کە پێغەمەری خۆی لەگـەڵ قورئـان‌و موعجیزەداو لەگەڵ ئایینی خوداپەیەکناسیدا کە ئایینێکی راست‌و موافیقی

حەقە ناردووە بۆ ئەوە کە ئەو ئایینە بەرز بکاتەوە بەسەر هەموو ئایینێکا بە جارێ . هەرچەن کافرەکان ئەمەیان پێ ناخۆش بێ .

لە جوبەیری کوڕی موطعیم دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ـ د ـ فەرموویەتی: (ان لی اسماء : انا محمد . وانا احمد . وانا الماحی الذی یمحو الله بی الکفر. وانا الحاشر الذی یحشر الناس علی قدمی . وانا العاقب . رواه البخاری) .

(یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا ! هَلْ اَدُلُّکُمْ علی تِجارَةٍ تُنْجِیکُمْ مِنْ عَذَابٍ اَلِیمٍ ؟ : (١٠) تُؤْمِنُونَ بِاللهِ ورَسولِهِ،وتُجاهِدُونَ فِي سَبِیلِ اللهِ بِاَمْوالِکُمْ واَنْفُسِکُمْ . ذلِکُمْ خَیْرٌ لَکُمْ اِنْ کُنْتُمْ تَعْلَمُونَ(١١)یَغْفِرْ لَکُمْ ذُنُوبَکُمْ . ویُدْخِلْکُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأنْهَارُ ، ومَساکِنَ طَیِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ، ذلِكَ الفَوْزُ العَظِیمُ (١٢) واُخْری تُحِبُّونَها نَصْرٌ مِنَ اللهِ وفَتْحٌ قَرِیبٌ . وبَشِّرِ المُؤمِنِینَ) (١٣)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمبەری خودا کردوە ! ئایا حەز ئەکەن شارەزاتان بکەم بۆ تیجارەتێ کە لە سزای سەختی پاشەڕۆژتان رزگاربکات ؟.: ئەو تیجارەتە ئەوەیە باوەڕتان بە خوداو پێغەمبەری خۆتان پتەوو دامەزراو بکەن‌و لەگەڵ ئەو باوەڕەپتەوەدا جیهاد بکەن لە رێگەی خودادا بۆ رووناککردنەوەی ئاینی دین‌و بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحید بە دارایی‌و گیانی خۆتان بە هەر شێوەیێ لە توانائاتانا بێ‌و بۆتان بگونجێ . ئەگەر بزانن ئەمەتان چاکترو پیرۆزترە بۆ پاشەڕۆژتان .

ئەگەر ئاوا بکەن‌و بەم شێوە کۆشش بۆ پاشەڕۆژ بکەن خودا تاوانتان ئەبەخشێ‌و ئەتانخاتە ناو بەهەشتێکەوە کە جۆبار لـە ژێـر دارەکانیانەوە رەوان ئەبێ . هەروەها چەن خانوو ماڵی جوانتـان لە بەهەشـتانی (دار

الاقامه)دا ئەداتێ . ئەمە بەشێکی گەورەیەو گەیشتنە بە پایەو پیرۆزی هەتاهەتایە . زیاد لەمانەیش پلەو پایەیەکی دیکەتان ئەداتێ کە زۆرتان لاخۆشەویستە کە بریتییە لە یارمەتیدانو سەرخستن بەسەر دوژمناندا لە لایەنی خوداوەو فەتحێکی نزیك بۆ شاری مەکە . وە موژدە بدە بە موسوڵمانەکان بەم خێرو پیرۆزییە .

ئیبنو عەبباس ـ خ ـ فەرموویەتی : ئەم فەتحە فەتحی وڵاتی رۆمو فارسە . وە هەندێ تر وتوویانە : هەموو فەتحو سەرکەوتنێکە لەسەر رووی زەویدا .

(يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا ! كُونُوا اَنْصارَ اللهِ . كَما قالَ عِيسى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوارِيِّينَ : مَنْ اَنْصاري اِلى اللهِ ؟ قالَ الْحَوارِيُّونَ : نَحْنُ اَنْصارُ اللهِ ، فَآمَنَتْ طائِفَةٌ مِنْ بَني اِسْرائيلَ ، وكَفَرَتْ طائِفَةٌ ، فَاَيَّدْنَا الَّذينَ آمَنُوا عَلى عَدُوِّهِمْ ، فَاَصْبَحُوا ظاهِرِينَ) (١٤)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا هەیە ! ببن بە یارمەتیدەری خودا وەکوو چۆن حەوارییەکانی حەزرەتی عیسا وتیان : ئێمە یارمەتیدەری خوداینو حازرین بۆ یارمەتیدانی دین پاش ئەوە کە عیسا ـ د ـ فەرمووی : کێ یارمەتیدەری منە بۆ لای خوداو بۆ بڵاوکردنەوەی دین ؟ جا کۆمەڵێ لە بەنیئیسرائیل باوەڕیان کردو کۆمەڵێکیان کافربوون . ئێمەیش موسوڵمانەکانمان یارمەتیداو بەرزمانکردنەوە بەسەر دوژمنەکانیاناو زاڵبوون بەسەریانا .

بزانن ! کەلیمەی (حور) بە مەعنا سپێتییە ، وە (حواری) بە مەعنای ئەمینەو ، بە مەعنا کەسێکە کە دڵسۆز بێ بەرابەر بە کەسێ . وە حەواری

حەزرەتی عیسـ دوازدە کەس بوون • وە دەربارەی ناوبرنیان بەو ناوە چەن قسەیێ هەیە :

ئیبن‌وعەباس ئەفەرمویێت : لەبەر ئەوە بوە کە بەرگ‌و پۆشاکیان سپی بودو ؛ پیشەیان راو بوە • وە هەندێ ئەڵێن : پیشەیان ئـەوە بوەجلیـان سپی‌کردوەتەوە •

عەطا فەرموویەتی : مەریەم ــ د ــ عیسای دایە دەستی چەن کەسێ کە پیشەیەکی فێربکەن ؛ تا دواجار دایە دەستی کۆمەڵێ خامیان سپی ئەکردەوە• مامۆستاکەی ویستی سەفەر بکا ؛ بە عیسای وت : من ئەڕۆم بۆ سـەفەرو بەرگ‌و پۆشاکێکی زۆرم لایە کە رەنگەکانیان جیاوازن‌و تۆ ئەزانی قوماش رەنگ بکەی . ئەو جلانە رەنگ بکە •

جا حەزرەتی عیسا کووپەیەکی گەرم‌کردو هەموو جلەکانی تێ‌خست‌و فەرمووی : بە ئیذنی خودا ببن بەو جۆرە بەرگە کە من ئەمەوێ ! لەو کاتەدا مامۆستاکەی لە سەفەر هاتەوەو پرسیاری جلەکانی لێ‌کـرد ئەویش وتی : ئەوەتا هەموویان وان لە ناو ئەو کووپەدا ! کابرا کـە چاوی بە کووپەکە کەوت بە عیسای وت : هەموو جلەکانت خراپ کردوە • جا عیسا لەسـەر دڵخوازی کابرای مامۆسـتای یەکە یەکە جلەکانی لە کووپەکە دەرهێنا • ئەویش زۆر سەری لەم کارە سوڕماو ؛ زانی ئەمە شـتێکی لەیاسابەدەرو نائێرەتییەو ئەبێ عیسا کابرایەکی خاوەن پایە بێ • جا دەسـتی کرد بـە باسکردنی‌و هەموو هاوڕێکانی ئیسانیان پێ‌هێنا •

سووره‌تی جومعه له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌كانه ، یازده ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی صه‌ف هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ المَلِكِ القُدُّوسِ العَزِيزِ الحَكِيمِ (١) هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الكِتَابَ وَالحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢) وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ العَزِيزُ الحَكِيمُ (٣) ذَلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ ذُو الفَضْلِ العَظِيمِ)(٤)

هه‌رچی وا له ئاسمانه‌كانو زه‌ویدا ته‌سبیح بۆ زاتی خودا ئه‌كا ، ئه‌و خودایه كه پادشایه‌و . به‌ری‌و دووره له كه‌می‌و ناته‌واوی‌و ، خاوه‌ن عیزه‌ت‌و خاوه‌ن حیكمه‌ته ، خودایه‌كی وایه له‌ناو گه‌له نه‌خوێنده‌واره‌كانا پێغه‌مه‌ری له خۆیان بۆ ره‌وانه كردوون ، ئه‌و پێغه‌مه‌رانه حالیان وایه ئایه‌ته‌كانی خودایان به‌سه‌ردا ده‌خوێننه‌وه‌و دلیان له بیروباوه‌ری ناباره‌و ناهه‌موار پاك ئه‌كه‌نه‌وه‌و ، له‌خوو ره‌وشتی ناهه‌مواریان دووریان ئه‌خه‌نه‌وه‌و ، كتێبی خوداو شه‌ریعه‌ت‌و یاسای دینیان فێر ئه‌كه‌ن : هه‌رچه‌ن ئه‌وان له پێش هاتنی ئه‌م ره‌هبه‌ره نازاره‌دا له‌ناو گومراهییه‌كی بێ ئه‌ندازه‌دا بوون ، هه‌روا ئه‌م ره‌هبه‌ره به هۆی كیتابی پیرۆزی خودایی‌و ، فه‌رمووده به‌رزه‌كانی خۆیه‌وه گه‌لێكی تریش له موسولمانان فێر ئه‌كا كه هێشتا پێیان نه‌گه‌یشتوون‌و

دوای چه‌رخی یاران دێن . وه‌کوو تابیعین‌و کۆمه‌لانی دوای ئه‌وان تـــا ڕۆژی قیامه‌ت •

وه ئه‌م ڕێزو پله‌و پایه که ده‌ست ئه‌م پێغـــه‌مه‌ره به‌رزه که‌وتوه پله‌و پایه‌یه‌که له لایه‌نی خوداوه دراوه به‌م پێغه‌مه‌ره‌و . هه‌روه‌ها ئه‌مه پیرۆزی‌و به‌ختیاریه بۆ گه‌له‌که‌یشی هاتوه‌ته‌جێ‌و ، هه‌ر پله‌و ڕێزێك خودا بیه‌وێ ئه‌یدا به هه‌رکه‌سێ خۆی خواســتی له‌ســه‌ری بێ • وه خودای ته‌عالا خاوه‌نی فه‌ضلێکی گه‌وره‌و ڕه‌سایه •

(مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَاراً ، بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللهِ ، وَاللهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) (٥)

نموونه‌و وێنه‌ی سه‌رسوڕهێنه‌ری ئه‌و که‌سانه که ته‌ورات کراوه بـــه بارپانو ته‌وراتیان پێ‌هه‌لگیراوه ، واتـــه : له لایـــه‌نی حه‌زره‌تی مووســـاو شوێنکه‌وتوانی حه‌زره‌تی مووســـاوه ته‌وارتیـــان نیشاندراوه‌و بڕیاردراوه له‌سه‌ریان که ڕه‌فتاری پێ‌بکه‌ن ، کـــه‌چی ئـــه‌وان هه‌لیان‌نه‌گرت‌و ڕه‌فتاریان پێ‌نه‌کرد••وه‌کوو گوێدرێژه که بارێ‌کتێب هه‌لئه‌گرێ‌و باری سه‌رپشتییه‌تی‌و بـــه ئازارو ئێشه‌وه هه‌لی ئه‌گرێ‌و ئه‌یبـــا بـــۆ مال‌و شوێن‌و هیچ سوودیشی لێ‌وه‌رناگرێ • زۆر ناشرینه صیفه‌ت‌و نموونه‌ی ئه‌و گه‌لانـــه کـــه باوه‌ڕ بـــه ئایه‌تی خودا ناکه‌ن ، ئه‌وانه سته‌مکارن‌و خودایش گه‌لی سته‌مکار شاره‌زا ناکا بۆ ڕێگه‌ی پیرۆزی •

(قُلْ : يا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا ! إِنْ زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ مِنْ دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٦)

ولا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَداً بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ، واللهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ (٧) قُلْ : إِنَّ المَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلاقِيكُمْ . ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلى عَالِمِ الغَيْبِ والشَّهادَةِ ، فَيُنَبِّئُكُمْ بِما كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ)(٨)

ئەی رەهبەر بفەرموو بەو کۆمەڵی ئیسرائیلییانە : ئـەی کەسانێ کە دینی یەهوودتان وەرگرتوە ! ئەگەر گومانتان وایە هەر ئێوە خۆشەویستی خودان نەك ئادەمیزادانی تر دەی داوای مردن بکەن با رۆحتان شاد بێ بە گەیشتن بە ئەنواری خودا ئەگەر راست ئەکەن لەو داواتانەدا • خۆ ئێوە هەرگیز لە ترسی کردەوەی ناشیرینەکانتانەوە لە ترسی ئەوەی بە دەستی خۆتان پێش خۆتان خستوە ناوێرن داوای مردن بکەن • وا لەبەر ئـەو تاوانانە کە کردوویانە ناوێرن داوای مردن بکەن • وە خودای تەعالا زانایە بەو ستەمکارانە کە لە فەرمانی ئەو دەرچوون •

جا تۆ پێیان بفەرموو : ئەو مردنە کە لێی رائەکەن هەر پێتان ئەگـاو لێی رزگار نابن ، دوای ئەوە کاتێ قیامەت دێت ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئـەو خودایە کە زانای پەنهانە و ئاشکرایەو ئاگاداری هەموو کرو بارێکی ئەم دنیایە • جا هەواڵتان پێ ئەدرێ و ئاگادار ئەکرێن لەو کردەوانە کە لە دنیادا کردووتانە و پاداش و تۆڵەکانیشتان پێ ئەوترێ •

(يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا : إِذا نُودِيَ لِلصَّلاةِ مِنْ يَوْمِ الجُمُعَةِ فاسْعَوْا إِلى ذِكْرِ اللهِ ، وذَرُوا البَيْعَ ، ذلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٩) فَإِذا قُضِيَتِ الصَّلاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الأَرْضِ ، وابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللهِ ، واذْكُرُوا اللهَ كَثِيراً ، لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (١٠) وإِذا رَأَوْا تِجارَةً أَوْ لَهْواً

انْفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِماً قُلْ : مَا عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ مِنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ ، وَاللهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ) (١١)

ئەی کەسـانێ باوەڕتان بـە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! کاتێ بانگدرا بۆ نوێژی جومعە لە ڕۆژی جومعەدا بە زوویی روو بکـەنە ئەو فەرزەو . بێ موبالات مەبن‌و بە یاسای عادەت خۆتان بگەیەنن بەو شوێنە نوێژی تێدائەکرێ‌و . واز لە کڕین‌و فرۆشتن‌و مامەڵە بێنن ! . ئەمە بۆ ئێوە لەوەبەسوودترەکە خۆتان بەو شتانەوە مەشغووڵ بکەن • جا کاتێ نوێژەکە تەواو بوو بڵاوەی لێ‌بکەن بە زەویداو . روو بکەنە کاسبی‌و داوای ڕۆزی لە کەرەمی خودا بکەن‌و . ناوی خودا ببەن‌و یادی خودا بەزۆری بکەن . بە هیوای ئەوە کە لە سزای پاشەڕۆژ رزگاربین •

وە ئـەوانەی وان بـە دەوری تۆوەو لە لای تۆدان کاتێ چاویان بە مامەڵەو بازرگانی‌و شتێکی وا کە ئادەمیزاد مەشغووڵ بکا لە بەندەیی‌کردن بۆ خودا کەوت بڵاوەیان‌کردو لەلای تۆ نەمان‌و تۆیان بە راوەسـتاوی بەجێ‌هێشت لەسەر مینبەری خوتبە • کاتێ ئەوان وایان کرد تۆ پێیان‌بڵێ: بۆچی وا بڵاوەیان‌کرد ؟ ئەوەی لە لای خودایە لە ڕۆزی‌و پاداشی پاشەڕۆژ چاکترو بەسوودترە لە خۆخەڵەتاندن بە لەهوو بیستنی دەنگی تەپڵ‌و . لـە بازرگانی‌و ئاڵوویێر • وە خودای تەعالا باشترینی هەموو ئەوانەیە کە گومانی ڕۆزییان لێ‌بکرێ‌و سوود بەخەڵك بگەیەنن •

لە صەحیحی موسلیمدا لە عەبدوڵلای کوڕی جابیر ئەگێڕنەوە کـە پێغەمەر ـ د ـ لە ڕۆژی جومعەدا خوتبەی ئەخوێندەوە لەو کاتەدا کاروانێ لە شامەوە هات . خەڵکەکە لە مزگەوت دەرچوون بۆ لای کاروانەکەو . دوازدە کەس زیاتر لە خزمەتی حەزرەتدا نەمایەوە • وە لە ریوایەتێکی تـوا

جابیر ئەڵێ : من لەناویانا بووم • جا خودا ئایەتی (واذا رأوا تجارة •••)ی ناردەخوارەوە •

وە لە ریوایەتێکا ئەڵێ : ئەبوبەکرو عومەر لەو دوازدە کەسە بوون • وە هەندێ کەس لە ئەهلی ریوایەت فەرموویانە : ئەو کەسە کاروانەکـەی هێنابوو دوحیەی کوڕی خەلیفەی کەلبی بوو ، لە شامەوە هاتبوو • وە **کاتەکە کاتی گرانیو برسێتیو قاتیی بوو ، وە ئـەو کاروانە ئـەوەی** پێویست بێ لە : گەنمو ، ئاردو غەیری ئەوانە ••• هێنابووی ؛ وە کاروانەکە لە (احجار الزيت) خستیو دای لە تەپڵ بۆ ئەوە خەڵك بزانن و بڕۆن بۆ لای کاروانەکەو،خەڵکی مزگەوتیش، دوازدە کەس نەبێ ، هەموویان دەرچوونو حەزرەتیان لە کاتی خوتبەدا بەجێهێشت •

وە لە ریوایەتێکدا ناوی دوازدە کەسەکە ئاوا دەڵێ: ئەبوبەکر، عومەر، عوثمان ، عەلی ، طەلحـــە ، زوبەیر ، ســـەعدی کوڕی ئەبیوەقاص ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح ، سەعیدی کوڕی زەید ، بیلال ، عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ، یان عەمماری کوڕی یاسیر •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە :

یەکەم : ئەم پێنج فەرزەی نوێژ لە شەوی ئیسراو میعراجدا لە شاری مەکەدا فەرزکراون بە ساڵێك پێش کۆچی حەزرەت بۆ مەدینە • هـــەروا نوێژی جومعەیش لەمەکەدا فەرزکراوە ، بەڵام لەبەر ئـــەوە کـــە خەڵك نەیانوێراوە لە شوێنێکدا گردبینەوە •• ئەم فەرزە بەجێنەهێنراوە هەتـا حەزرەت ـ د ـ کۆچی کرد •

به‌لام ئه‌سعه‌دی کوڕی زه‌راره له مه‌دینه‌دا پێش کۆچی حه‌زره‌ت لـه دێیه‌کی نزیکی مه‌دینه‌دا به چل که‌سه‌وه نوێژی جومعه‌ی کردوه •

وه ئه‌م جومعه‌کردنی ئه‌سعه‌ده له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه بوه کـه حه‌زره‌ت ـ د ـ مه‌صعه‌بی کوڕی عه‌مری کرد به به‌رپرسیاری موسوڵمانانی مه‌دینه‌و ناردی بۆ مه‌دینه‌و . مه‌صعه‌ب له لای ئه‌سعه‌د دابه‌زی‌و . هه‌واڵی نوێژی جومعه‌ی پێداو . فه‌رمانی پێدا که خۆی نوێژی جومعه‌که بکا . جا ئه‌سعه‌د له ناو هۆزی (بنی بیاض) له‌و دێدا که ماوه‌ی میلێ لـه مه‌دینه‌وه دووره نوێژی جومعه‌ی بۆ کردن‌و کۆمه‌ڵه‌که‌یان چل که‌س بوو •

وه پاش ئه‌وه کاتێ حه‌زره‌ت کۆچی‌کردو نه‌خشه‌ی مزگه‌وتی قوبـای کێشا . له‌وێ نوێژی جومعه‌ی کرد • پاش ئه‌وه ئیتر له مه‌دینه‌دا جومعـه کراوه •

قسه‌ی دووهه‌م : له ژماره‌ی ئه‌هلی جومعـــه‌دا فه‌رمووده زۆره : مه‌ذهه‌بی ئیمامی شافیعی ئه‌وه‌یه که ئه‌بێ به چل که‌س نوێژی جومعه بکرێ: له‌به‌ر ئه‌م حه‌دیثه که ریوایه‌ت ئه‌کا ئه‌ڵێ: ئه‌هلی به‌نی‌به‌یاض چل که‌س بوون. وه جومعه به هه‌شت که‌س یا که‌متر له چل که‌س نه‌کراوه • هه‌رچه‌ن بـه فه‌رمووده‌یه‌کی ئیمامی شافیعی به هه‌شت که‌س‌و . به فه‌رمووده‌ی دووهه‌می به دوازده که‌س جومعه ئه‌کرێ •

سێهه‌م : ئه‌مه‌یه مه‌ذهه‌بی ئیمامی شافیعی له‌سه‌ر ئه‌مه‌یه که جومعه له هه‌ر شوێنێکا بکرێ ئه‌بێ یه‌ك جومعه بێ ؛ چونکی له ده‌وری حه‌زره‌ت‌و ده‌وری خوله‌فای راشیدیندا . هه‌روه‌ها له زه‌مانی ئه‌مه‌وی‌و عه‌بباسییه‌کاندا . هه‌ر یه‌ك جومعه کراوه . تا چه‌رخی مه‌هدی . ئه‌وکاته له‌به‌ر پێویست لـه که‌رخدا جومعه‌یێ‌و له ره‌صافه‌دا جومعه‌یێ کراوه • به‌م شێوه به لای ئیمامی

شافیعییەوە دروست نیە لە یەك شوێندا چەند جومعە بکرێ لەبەر پێویستی نەبێ • بەم مەعنا لە تواناد نەبێ‌و لەوانە نەبێ خەڵکەکە لە یەك شـــوێندا جێگەیان ببێتەوە ئەوسا دروستە جومعەی تر لە هەمان شوێندا بکرێ . بەڵام ئەبێ بۆ جومعەی دووهەم‌و سێهەم ئیذنی ئیمام‌و فەرمانداری وڵاتی ئیسلام بێ • هەرچەن لە لای شافیعی کردنی جومعە خۆی ئیذنی ناوێ ؛ بەڵام بۆ جومعەی دووهەم‌و سێهەم ئیذن پێویستە •

بەم‌پێیە لە هەر شوێنێکدا یا لە شارێکدا زیاد لە جومعـــەیێ بکرێ پێویستە تەقلیدی ئەبوحەنیفە بکرێ ، کە لە لای ئـــەو دروستە زیاد لـــە پێویست لە شارێکدا چەن جومعە بکرێ • وە مادام ئینسان تەقلیدی کرد جومعەکردنەکەی دروست ئەبێ •

قسەی چوارەم : حەرامە لەسەر کەسێ جومعەی لەسەر واجب بێ لە پاش بانگی بەردەمی خەطیب خۆی بە مامەڵەو کڕین‌و فرۆشتنەوە خەریك بکا ، وە یا بە کارێکی وەهاوە کە جومعەکەی لە کیس بدا • لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر مامەڵەکەی کرد ئەوە مامەڵەکە بە گوێرەی شەرع ڕەوایە ؛ چونکی مەنعی ئەو مامەڵە لەبەر خودی خۆی نیەو لەبەر شتێکی خاریج لە مامەڵەکەیە کە جواب‌نەدانەوەی بانگی جومعەیە •

هەروا حەرامە بۆ کەسێ جومعەی لەسەر واجب بێ لـــە پاش بەیانی ڕۆژی جومعە بەبێ عوزری شەرعی سەفەربکا ، قسە لەوە نیە باوەڕی وابێ شوێنێکی دەست ئەکەوێ لە ڕێگەکەیا کە جومعەی تیا بکرێ •

سوورەتی موونافیقوون ، لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، یازدە ئایەتە، دوای سوورەتی حەج هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِذَا جَاءَكَ المُنافِقُونَ قالُوا : نَشْهَدُ اِنَّكَ لَرَسُولُ اللهِ ، واللهُ يَعْلَمُ اِنَّكَ لَرَسُولُهُ ، واللهُ يَشْـــهَدُ اِنَّ المُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ (١) اِتَّخَذُوا اَيْمَانَهُمْ جُنَّةً ، فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللهِ ، اِنَّهُمْ ساءَ ما كانُوا يَعْمَلُونَ) (٢)

کاتێ کە مونافیقەکان ــ دووڕوو ، دوودڵەکان ــ دێن بۆ لات ئەڵێن: ئێمە شایەتی ئەدەین کە تۆ پێغەمەری خودای . وە خودا ئەزانێو ئاگای لەوەیە کە تۆ پێغەمەری خودای ، وە خودا شایەتی ئەدا کە دووڕووەکان درۆ ئەکەن لەوەدا کە ئەڵێن : شایەتی ئەدەین ، چونکە ئەم وشە بۆ کاتێ ئەبێ کابرا دڵو زمانی یەك بن ، **وە مادام ئەوان دڵو زمانیان یەك نیە راست** ئەوەیە بڵێن : هەواڵ ئەدەین بەوە کە تۆ پێغەمەری خودای ، نـەك بڵێن شایەتی ئەدەین ...

وە یاخود ئەوانە لە لای خۆیان درۆزنن ، چونکی کاتێ کەسێ قسەیێ بکاو بزانێ قسەکەی رێکی واقیـع نیە ئەوە خۆی بە درۆزن ئەزانێ .

ئەمانە سوێندی خۆیان کردوە بە قەڵغان بۆ پارێزگاری لـە گیانو دارایی خۆیان لە ئازارو زەحمەتو . ئەمانە لە رێگەی راست لایانداوە .

ئەمانە بەدکارو بەدڕەوشتنو ، بەم درۆو دەلەسەیانە کارێکی بەدو ناهەموار ئەنجام دەدەن .

(ذلِكَ بأَنَّهُمْ آمَنُوا ، ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ على قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لا يَفْقَهُونَ (٣) وإذا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أجْسامُهُمْ ، وإنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ، كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ ، يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ، هُمُ العَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ ، قَاتَلَهُمُ اللهُ أنَّى يُؤْفَكُونَ ! (٤) وإذا قِيلَ لَهُمْ : تَعالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللهِ لَوَّوْا رُؤُسَهُمْ ، ورَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وهُمْ مُسْتَكْبِرُونَ (٥) سَواءٌ عَلَيْهِمْ أسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ ، لَنْ يَغْفِرَ اللهُ لَهُمْ ، إنَّ اللهَ لا يَهْدِي القَوْمَ الفَاسِقِينَ) (٦)

واتە ئەم حاڵە ناباره کە ئەو دووڕووانە هەیانە لەســەر ئەودیە زوو ئیمانیان هێناو لە پاشان بە تەلبیسی شـــەیتان کافربوونەوەو خودا دڵی مۆرکردن ، کە وابێ لە حەق ناگەن ، کاتێ چاوت پێیان بکــەوێ جوانی لەش‌و پۆشاکیان تۆ ئەخاتە سەرسوڕمانەوەو ، ئەگەر قسەبکەن گوێ بۆ قسەیان رائەگری لەبەر شیرینی‌و رووالەتی قسەکانیان ، بەڵام ئەوانە لــە واقیعدا وەکوو دارێ وانە کە پاڵ درابێ بە دیوارێکەوە ، واتە بێ‌گیان‌و زانیارین • ئەوانە هەر دەنگێ ببیسن بە دەنگی دوژمنی ئەزانن ، دەی تۆ خۆت لەوانە دوور بخەرەوە با خودا بیانکوژێ،ئەوە چۆن لەحەق لائەدرێن؟

وە ئەگەر پێیانبوترێ : بێن بۆ لای پێغـــەمەر ــ د ــ با داوای لێ‌خۆشبوونتان لای خوداوە بۆ بکا •• سەریان بائەدەن‌و لووتەلان‌و گوێ بەو قسە نادەن‌و زۆر بە دەمــارو فیــزن • یەکسانە بۆ ئــەوانە داوای لێ‌خۆشبوونیان بۆ بکەی یا نەیکەی ، خودا قەت لێیان خۆش نابێ • بــە راستی خودا فاسقان شارەزا ناکاو هیدایەتیان نادا •

(هُمُ الَّذِينَ يَقُولُونَ : لا تُنْفِقُوا عَلى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا ! وَلِلهِ خَزَائِنُ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ ، ولكِنَّ المُنَافِقِينَ لا يَفْقَهُونَ) (٧)

ئەو دووڕووانە ئەوانەن کە ئەڵێن : ماڵی خۆتان بۆ ئەوانە خـەرج مەکەن وان لەگەڵ پێغەمەری خودادا هەتا بڵاوەبکەنو لێی دووربکەونەوەو وازی لێبێنن ! بەڵام خەزێنەکانی ئاسـمانو زەوی هەموو بۆ خودان ، ئەوەنە هەیە ئەو دووڕووانە نافامنو نازانن بۆیە قسەی وا ئەکەن .

(يَقُولُونَ : لَئِنْ رَجَعْنَا الى المَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْها الأَذَلَّ ! وَلِلهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ ، ولِلْمُؤْمِنِينَ . ولكِنَّ المُنَافِقِينَ لا يَعْلَمُونَ) (٨)

ئەڵێن : ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە بێگومان پیـــاوە خاوەن ڕێزو دەستەڵاتەکان بێ ڕێزو بێدەستەڵاتەکان لە مەدینە دەرئـەکەن ! (واتە : ئەوان پێغەمەرو یاران لە مەدینە دەرئەکەن) . وە لە واقیعدا ڕێزو شان بۆ خوداو پێغەمەری خوداو یارانی پێغەمەرو موســوڵمانانە . بەڵام ئـــەو دووڕووانە نازانن واقیعو ڕاستی چۆنە .

دەگێڕنەوە لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ئەڵێ : لەگەڵ مامما بووم . گوێم لێبوو کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول ئەڵێ : (لاتنفقوا علی من عند رسول الله حتی ینفضوا) وە ئەڵێت : (لئن رجعنا الی المدینـة لیخرجن الاعز منها الاذل) منیش ئەمەم بۆ مامم گێڕایەوەو ، ئەویش بۆ حەزرەتی گێڕایەوەو : حەزرەت ناردی بە شوێن عەبدوڵڵاو هاوڕێکانیداو باسەکەی بۆ کردن : ئەوانیش سوێندیان خوارد کە ئەو قسەیان نەکردووەو ،

حەزرەت باوەڕی پێ‌کردنو باوەڕی بە من نەکرد . منیش تووشی خەمێ بووم هەرگیز تووشی خەمی وا نەبووبووم‌و ، لە ماڵی خۆمانا دانیشـتم تا خودا ئەم ئایەتانەی ناردەخوارەوە لە (اذا جاءك المنافقون)دوە تـا (ليخرجن الاعز منها الاذل) •

جا حەزرەت ناردی بەشوێنما ئایەتەکانی بەسـەرما خوێنـدەوەو فەرمووی : ئەی زەید خودا راستی تۆی دەرخست •

لە جابیرەوە دەگێڕنەوە ـ خ ـ ئەڵێ : لە غەزای (تەبووك)دا بووین پیاوێکی موهاجیری هات مشتێکی دا لە کابرایـەکی ئەنصـاری . جـا ئەنصارییەکە بانگی کرد : ئەی ئەنصارییەکان ! وە کابـرای موهاجیریش هاواری کۆمەڵی خۆی کرد • حەزرەت ئەم باسەی بیست جا فەرمووی : ئەم بانگەوازو پیشەی جاهیلییەتە چیە ؟ وتیان : ئەی پێغـەمەری خودا موهاجیرییەك دای لە ئەنصارییەك • پێغەمەر فەرمووی : واز لەم جۆرە پیشە بێنن ، چونکە ئەمە بۆگەنە • جا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی ئەمەی بیستەوە• وتی : ئەمەیان‌کرد ؟! وەڵڵاهی ئەگەر گەیشتینەوە شار ئەبێ دەستەڵاتدارو بەڕێزەکان داماوو بێ ڕێزەکان دەربکەن •

ئەم باسە گەیشتەوە بە حەزرەت ـ د ـ جا عومەر راستەوە بوو وتی: ئەی پێغەمەری خودا لێم‌گەڕێ با بدەم لە گەردنی ئەم مونافیقە • حەزرەت فەرمووی : وازی لێ‌بێنە ، با خەڵك فسە نەکەن‌و بڵێن : محەمەد یـارانی خۆی ئەکوژێ •

لە قەیسی کوڕی عوبادەوە دەگێڕنەوە ئەڵێ : وتسان بـە عەممار : هەواڵمان بدەرێ ئایا جەنگی ئێوەو ئیمامی عەلی بەرابەر بە خەڵکی شـام لەسەر بیرو باوەڕی خۆتان بوو ، ئەوە رەئیی ئەی‌پێکێ‌و ئەوە رەئیی بـە

هەڵەدا ئەچێ . یاخود عەهدێ بوو لە لایەنی حەزرەتەوە ــ د ــ وەصیەتی بۆ کردبوون ؟ ئەویش وتی : پێغەمەر ــ د ــ عەهدی بۆ نەکردووین بـە شتێ کە عەهدی بۆ یارانی تریش نەکردبێ • وە وتی : پێغەمـەر ــ د ــ فەرموویەتی : لەناو ئوممەتی مندا دوازدە کۆمـەڵ مونافیـق هەیە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنی نابیسن هەتا پەتی کەشتی لە کونی دەرزییەوە دەرئەچێ ! هەشت کۆمەڵیان دمەڵ لە کۆڵی ئێوەیان ئەکاتەوە • واتە هەشت کەسـیان دمەڵ لەسەر شانیان دەردێ وەکوو شووڵەی ئاگر . وە ئەو برینە لەسـەر سنگیانەوە دەرئەکاو بەو برینە ئەمرن •

ئەو مونافیقانە ئەوانە بوون لە کاتی گەڕانەوەی حەزرەتدا لە غەزای تەبووك ویستیان بیکوژن ، لەو دەمەدا کە حەزرەت بە ڕێگەی (ثنیە)دا ئەڕۆیشتو یارانیشی لە سکی شیوەکەوە . جا حەزرەت فەرمانی دا کـە حوذەیفە بگەڕێتەوە بۆ سەریان • کاتێ حوذەیفەیان دی ترسانو گەڕانەوە هەتا تێکەڵ بە خەڵکەکە بوونەوە • جا حەزرەت بە حوذەیفەی فەرموو : تۆ ناسیتن ؟ ئەویش عەرزی کرد : نەخەیر ؛ چونکی دەموچاویان داپۆشیبوو •

جا حەزرەت فەرمووی : جوبرەئیل ئەوی خۆیانو بتەکانیانی پێوتم • (انشاء الله) سبەینێ پێت ئەڵێم • جا لەبەر ئەمەبوو کە حوذەیفە لە هەموو یاران باشتر مونافیقەکانی ئەناسیو بە ناویان زاناتر بوو •

(یا اَیُّهـا الَّذینَ آمَنُوا ! لا تُلْهِـکُمْ اَمْوَالُکُمْ وَلاَ اَوْلاَدُکُمْ عَنْ ذِکْرِ اللهِ . وَمَنْ یَفْعَلْ ذٰلِكَ فَاُولائِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ(٩) وَاَنْفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاکُمْ مِنْ قَبْلِ اَنْ یَأتِيَ اَحَدَکُمُ الْمَوتُ فَیَقولَ : رَبِّ لَوْلا اَخَّرْتَنِي اِلى اَجَلٍ قَرِیبٍ

فَأَصَّدَّقَ وأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ ؟! (١٠) ولَنْ يُؤَخِّرَ اللهُ نَفْساً اِذا جاءَ أَجَلُها ، واللهُ خَبِيرٌ بِما تَعْمَلُونَ) (١١)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! بـــا تەماشاکردنو خزمەتکردنی ماڵو دارایيو نەوەتان بەندەيیکردنو زيکرکردن بۆ خوداتان لەبیرنەباتەوە . وە هەرکەسێ ماڵو منداڵی خوداو يادی خوداو ترسی سزای خودای لەبیربەرێتەوە ئەوە خەسارەتمەندو زيانکاری دنيـــاو قيامەتە .

وە ماڵو پارە ببەخشن لەوەی کـــە داومـــانـــە پێتانو کردوومانە بـــە ڕۆزيتان لە پێش ئەوەدا کە مردن دامێنگیری يەکێکتان ببێو ئەويش هـــاوار بکاو بڵێت : خوايە کاشکی ماوەيەکی کەم بتگێڕامايەتەوە بۆ دنيا تا خێرو خێراتم بکردايەو لە چاکان بوايەم !

بەڵام ئەمە هەر قسەيەو ئاواتی بەدی‌نەهاتوە ؛ چونکی کەسێ ئاکامی هات ئیتر خودا هيچ مۆڵەتی ناداو مردنەکەی دوا ناخا . وە خودا ئاگـــای لە هەموو کارو کردەوەيەکتانەو ئەزانێ چی ئەکەن .

جا ئەگەر چاودێری ماڵو منداڵيان غافڵيان بکا لە فەرمانبەری خودا کە بە تەرکی حەرامو کردنی واجب دێتەجێ ؛ بەم مەعنا حەرام بکاو واجب نەکا ؛ وەکوو ئەوە زيکرە سونتەتەکان تەرك‌بکا ، وە ياخود بير لە گەورەيی وە ئەگەر لە فيعلی واجبو کردنی حەرام غافڵی نەکا ؛ بەڵام زيکری خودا نەکا ؛ وەکوو ئەوە زيکرە سونتەتەکان تەرك‌بکا ، وە ياخود بير گەورەيی خودا نەکاتەوە .. ئەوە زيانەکەی بريتيیە لە تاريکی دڵو تۆزاوی بوونی بـــە خەيالاتی پووچو وەسوەسەو گومان . وە ئەگەر واجب بکاو حەرام نەکاو سونتەتەکانيش بکا بەڵام غافڵ بێ لە سزای قيامەتو لێپرسينەوەی پاشەڕۆژ

ئه‌وه زیانه‌که بریتییه له‌وه دڵی ره‌ق ئــه‌بێ‌و ئه‌بێ به هێلانـــه‌ی کێــه‌و رق‌و قارو گه‌لێ شتی ناهه‌موارو ناموناسب بۆ موسوڵمان •

له ئیبن‌و عه‌بباسه‌وه ده‌گێڕنه‌وه ــ خ ــ ئه‌ڵێ : که‌سێ دارایه‌کی بێ بتوانێ پێی بگاته ماڵی خودا . یاخود زه‌کاتی تێدا واجب بێ‌و حه‌جه‌که‌ی نه‌کاو زه‌کاته‌که‌ی نه‌دا ئه‌وه له کاتی مردنیدا داوای گه‌ڕانه‌وه بۆ دنیا ئه‌کا له خودا • جا پیاوێ وتی : ئه‌ی ئیبن‌وعه‌بباس له خودا بترسه ! ئه‌و که‌سانه داوای گه‌ڕانه‌وه بۆ دنیا ئه‌که‌ن ئه‌وانه کافرن • ئه‌ویش فه‌رمووی : ئێسته ئایه‌تی قورئانت بۆ ئه‌خوێنمه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وه . خودا فه‌رموویه‌تی : (یا ایها الذین آمنوا لا تلهکم اموالکم ولا اولادکم ••• تاکۆتایی سووره‌ته‌که) جا کابرا عه‌رزی‌کرد : چ ئه‌ندازه‌یێ له ماڵ زه‌کاتی تێدا واجب ئه‌بێ ؟ فه‌رمووی: کاتێ که ماڵی بگات به دووصه‌د دره‌م یا زیاتر • وتی : ئه‌ی چی حه‌ج واجب ئه‌کا ؟ فه‌رمووی : خه‌رجی ڕێگه‌و وشتری سواری •

سووره‌تی (تغابن) له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌کانه ، هـه‌ژده ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی ته‌حریم هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يُسَبِّحُ لِلهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ ، وما فِي الأَرْضِ . لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحَمْدُ ، وهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ ، فَمِنْكُمْ كافِرٌ ، ومِنْكُمْ مُؤْمِنٌ . واللهُ بِما تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢) خَلَقَ السَّمَاوَاتِ والأَرْضَ بِالْحَقِّ ، وصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ ، وإِلَيْهِ المَصِيرُ (٣) يَعْلَمُ ما فِي السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ ، ويَعْلَمُ ما تُسِرُّونَ وما تُعْلِنُونَ ، واللهُ عَلِيمٌ بِذاتِ الصُّدُورِ) (٤)

ته‌سبیح‌و ته‌قدیس بۆ خودای جیهان ئه‌کا هه‌رچی وا له ئاسمانه‌کاندو هه‌رچی وا له زه‌ویدا ، واته هه‌موو ئه‌وانه له : داناو نادان ، له گیاو له‌کان . هه‌رکام به‌و زمانی وتاره که هه‌یه‌تی‌و خودا ئه‌یزانێ ؛ وه یا به‌و ده‌لاله‌ت به‌شوێنه‌واره که شیاوی شانیه‌تی .. هاوار ئه‌کاته په‌روه‌ردگارێ دووره لـه نوقصانی زات‌و نارِه‌سایی صیفات ، وه له قه‌بوولی هـاوبه‌ش بۆ ئیداره‌ی کائینات . وه له واقیعدا سه‌رۆکایه‌تی‌و فه‌رمانداری هه‌ر بۆ ئه‌و خودایه‌و سوپاس‌و ستایش هه‌ر بۆ ئه‌وه ؛ چونکی له هه‌رکه‌سێکه‌وه نیعسـه‌تێ بگا به هه‌رکه‌سێ لـه ئه‌نجاما ئه‌و نیعمه‌ته بۆ زاتی خودا ئه‌گـه‌ڕێته‌وه‌و خودا ته‌وانایه به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا .

خودا ئەو زاتەیە ئێوەی لە نەبوون دروستکردوە ، جا بازێ لە ئێوە کافرەو بازێ خاوەن باوەڕە ؛ وە خودا بینایەو هەرچی ئەکەن ئەو ئەیبینێو ئاگاداریەتی •

ئەبو سەعیدی خدری ــ خ ــ ئەفەرموێ : پێغەمەر ــ د ــ ئێوارەیەك خوتبەی بۆ خوێندینەوە ؛ جا هەندێ شتی لەوانە باسکرد کە لەمەولا ئەبن • فەرمووی : خەڵك بە چەند چینو جۆر لەدایك دەبن ، پیاو هەیە بە موسوڵمانی لەدایك ئەبێو ، بە موسوڵمانی ئەژیێو ، بە موسوڵمانی ئەمرێ • پیاویش هەیە بە کافری لەدایك ئەبێو . بە کافری ئەژیێو . بە کافری ئەمرێ • وە هەیشە بە موسوڵمانی ئەبێو ، بە موسوڵمانی ئەژیێو ، بە کافری ئەمرێ • هەیشە بە کافری لە دایك ئەبێو ، بە کافری ئەژیێو ، بە موسوڵمانی ئەمرێ •

ئیبنو مەسعوود ئەڵێ : پێغەمەر فەرمووی : یەکێك لە ئێوە ئیش ئەکا بە ئیشی ئەهلی بەهەشت هەتا لە بەینی ئەوو بەهەشتا گەزێ یا باڵێ نـەبێ نامێنێ ، جا نامەکەی لێی پێش ئەکەوێو کار ئەکا بە کاری ئەهلی دۆزەخو ئەچێتە دۆزەخ • **وە یەکێ لە ئێوە کار ئەکا بە کاری ئەهلی دۆزەخ هـەتا** نامێنێ لە نێوان ئەوو دۆزەخدا بە ئەندازەی گەزێ یا باڵێ نەبێو ، دوایی نامەکەی لێی پێش ئەکەوێو کار ئەکا بە کاری ئەهلی بەهەشتو ئەنجامی بەهەشت ئەبێو ئەچێتە بەهەشت • (بوخاری) •

زانایانی دین فەرموویانە : مەعنای ئەم حەدیثانەو هاووێنەیان ئەوە نیە کە خودا بەزۆر کاتی خۆی بڕیاری داوە فلانکەس بە باوەڕەوە بسـرێو ، فلانەکەس بە کافری بمرێ ؛ چونکی مادام وەها بوایێ خودا پێغـەمەری نەدەنارد بۆ سەر ئادەمیزاد ، بەڵکو مەعنای وایە هەر لە ئەزەلا زانستی خودا هەیە بە هەر گیانلەبەرێو بە هەر ئادەمیزادێ کە عەقڵو توانای خۆی چۆن

صەرف‌ئەکا ، جا ئەگەر ئەوەی هاتە بەر عیلم کە کابرا لە ئەنجاما کاری باش‌و باوەڕی باش ئەبێ ئەوە لەسەر ئەو زانستە بە خاوەن باوەڕ دەنووسرێ • وە ئەگەر عیلمی وەها بوو کە ئەو ئادەمیزادە تواناو لێهاتوویی خۆی وەها صەرف ئەکا کە ئەنجامی بێباوەڕی بێ بە کافرو بێباوەڕ ئەنووسرێ •

بەکورتی : ئەم حەدیثانە دەوری کردەوەکانی ئینسان ئەگێڕنەوەو دیارە کردەوە هەرچۆن بێ لە عیلمی خودادایە • ئێمە ئاگامان لە لەوح‌و قەڵەم نیەو، پرسیارمان لە کارو کردەوەمان لێ‌دەکرێ •

خودا ئاسمانەکان‌و زەوی لەگەڵ حیکمەتی ڕەسادا دروست‌کردوەو ، ئێوەی تەصویر کردوەو نەخشەی کێشاون‌و شێوەو دیمەنتانی جوان‌کردوەو، گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای خودایەو ، ئەزانێ بە هەرچی وا لە ئاسمانەکان‌و زەویداو ، ئەزانێ بە هەرچی کە ئێوە بە پەنامەکی یابە ئاشـــکرا لە دڵدا ڕای‌ئەگرن ، وەخودا زانایە بەو خەیاڵانە کە لە سینەتانایە •

(اَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ فَذَاقُوا وَبَالَ اَمْرِهِمْ ، وَلَهُمْ عَذَابٌ اَلِيمٌ ؟ (٥) ذلِكَ بِأَنَّهُ كَانَتْ تَأْتِيهِمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا : اَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا ؟! فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوْا ، وَاسْتَغْنَى اللهُ ، وَاللهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ (٦) زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا اَنْ لَنْ يُبْعَثُوا ، قُلْ : بَلَى وَرَبِّي ! لَتُبْعَثُنَّ . ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ، وَذلِكَ عَلَى اللهِ يَسِيرٌ (٧) فَآمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ ، وَالنُّورِ الَّذِي اَنْزَلْنَا.وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)(٨)

ئایا دەنگوباسی ئەو کەسانەتان پێ‌نەگەیشتوە کە لەمەوپێش کافربوون‌و لە دنیادا سزای کوفرەکەیان چەشت‌و لە پاشەڕۆژیشدا سزای ســـەخت‌و

به‌ئازاریان بۆ هه‌یه ؟ ئه‌مه‌یش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که پێغه‌مه‌ره‌کانیـان به موعجیزه‌و ئایه‌تی حه‌قه‌وه هاتن بۆ لایان که‌چی ئه‌وان له باتی ئه‌وه باوه‌ڕیان پێ‌بکـه‌ن ئه‌یانوت : ئایا چه‌ن ئاده‌میزادێك له خۆمان شاره‌زامان ئه‌که‌ن‌و هیـدایه‌تمان ئه‌ده‌ن ؟! جا کوفریان پێ‌ده‌بڕین‌و پشتیان لێ‌هه‌ڵکردن‌و ؛ خودایش بێ‌نیازیی خۆی له‌وان ده‌ربڕی‌و ؛ بڕیاری ئه‌وه‌ی دا وه‌ك ئه‌وه هه‌ر نه‌بووبێتن‌و فه‌رمانی دا به به‌ربادبوونیان ، وه خودا ده‌وڵه‌مه‌نده‌و لـه هـه‌موو مه‌خلووقێکه‌وه ستایشی بۆ ئه‌کرێ •

ئه‌و که‌سانه که کافرن به په‌روه‌ردگارو ده‌سته‌ڵات‌و ته‌وانایی ئـه‌وو ، گومانیان وا بردوه که پاش مردن زیندووناکرێنه‌وه‌و پرسیارو دادو فه‌ریادی پاشه‌ڕۆژ نیه ، تۆ بڵێ : سوێند به‌و که‌سه‌ی که توانیویه‌تی دروستم بکا ! به ڕاستی زیندووئه‌کرێنه‌وه‌و **له پاش ئه‌وه هه‌واڵتان پێ‌ئه‌درێ‌و ئاگادار ئه‌کرێن** به کارو کرده‌وه‌تان‌و پاداشه‌کانیشیان ؛ وه ئه‌وه بـه لای خوداوه کارێکی ئاسانه • ده‌ی باوه‌ڕ به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا بکه‌ن‌و باوه‌ڕ به‌و قورئانه بکه‌ن که ناردوومانه بۆ ته‌مێ‌و ته‌ربییه‌تی هۆشیار ؛ وه خودا ئاگاداری کـــارو کرده‌وه‌تانه •

(يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ الجَمْعِ ، ذٰلِكَ يَوْمُ التَّغَابُنِ ، وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللّٰهِ وَيَعْمَلْ صَالِحاً يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّآتِهِ وَيُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ، ذٰلِكَ الفَوْزُ العَظِيمُ (٩) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا ؛ وَبِئْسَ المَصِيرُ (١٠) مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللّٰهِ ، وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللّٰهِ يَهْدِ قَلْبَهُ . وَاللّٰهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١١) وَأَطِيعُوا اللّٰهَ وَأَطِيعُوا

الرَّسُولَ، فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّما علي رَسُولِنَا البَلاغُ المُبِينُ (١٢)
اللهُ لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ، وعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ المُؤْمِنُونَ) (١٣)

باسی ئەو رۆژە بکە کە خودا گردتان بکاتەوە بۆ ئەوە کە حیساب و کیتابتان لەگەڵا بکرێ و تۆڵەو پاداشی کردەوەی دنیاتان لەو رۆژی گردکردنەوەدا دیاری بکرێ و ؛ ئەو رۆژە رۆژی (تغابن)ە ، واتە رۆژێکە بازێکیان بازێکیان ئەخەنە زیانەوە • واتە لەو رۆژەدا کە بەهەشت ئەدرێ بە موسوڵمانان و دۆزەخ ئەدرێ بە کافران دەرئەکەوێ کە موسوڵمانەکان بە داگرتنی جێگەی باشی کافرەکان زیانیان لە کافرەکان داوە • یانی ئەگەر کافرەکان موسوڵمان بوونایێ فلانەکۆشکی بەهەشتیان ئەبرد • وە موسوڵمانەکان ئەگەر کافربوونایێ فلانە زیندانی دۆزەخیان ئەبرد . مادام ئیستە بە پێچەوانەوەیە وا دەرکەوت موسوڵمانەکە بەهەشتی کافرەکەی بردووە و خۆی قازانجی کردووە و زیانی لە کافرەکە داوە •

وە هەرکەس باوەڕ بە خودا بکا لەسەر دەستی پێغەمەرداو کردەوەی باش بکا ئەوە خودا تاوانەکەو خراپەکەی هەرچەند بێ دایئەپۆشێ و ئەیخاتە ناو چەن بەهەشتێ کە جۆبار لە ژێری دارەکانیانەوە رەوان ئەبێ هەتاهەتایە ، وە ئەمەیش گەیشتنە بە پلەو پایەیەکی زۆر گەورە •

وە ئەو کەسانەیش کافربوون و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستەوە ئەوانەیش یارو یاوەری ئاگرن و ئاگر بەشیانەو بۆیان بڕیار دراوە بە هەمیشەیی و هەتاهەتایی تیایا بسێننەوەو ئەو شوێنەیش ــ کە دۆزدخە ــ شوێنێکی زۆر خراپ و بەدە •

هیچ جۆرە بەڵاو مەینەتێ ناگا بە هیچ کەسێ بە ئیذنی خودا نەبێ • وە هەرکەسێ باوەڕی دامەزراوی بە خودا بێ ئەوە خودا هیدایەتی دڵی ئەدا

بۆ دامەزران لەسەر خوداناسی • وە خودا زاناو ئاگادارە بە هەموو شتێ •

وە فەرمانبەرداری خوداو پێغەمەری خودا بکەن بە ساغی • وە ئەگەر ئێوە پشتتان هەڵکرد ئەوە بزانن پێغەمەری ئێمە هەر بەیانی ئەحکامو راگەیاندنی پەیامی لەسەرە کە بیگەیەنێ بە هۆشیاران•هیچ بەندەیی‌بۆکراوێ نیە بەراستی ئەو زاتە نەبێ کە ناوی ئەڵڵایە • وە با هەرچی خاوەن ئیمانەکان هەیە پشت بە خودا ببەستنو پەنا هەر بۆ ئەو بەرن •

(يا اَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا ! اِنَّ مِنْ اَزْواجِكُمْ واَولادِكُمْ عَدُوّاً لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ. وإنْ تَعْفُوا وتَصْفَحُوا وتَغْفِرُوا فَإنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٤) اِنَّما اَموالُكُمْ واَولادُكُمْ فِتْنَةٌ. واللهُ عِنْدَهُ اَجْرٌ عَظِيمٌ(١٥)فاتَّقُوا اللهَ ما اسْتَطَعْتُمْ واسْمَعُوا واَطِيعُوا واَنْفِقُوا خَيْراً لِأَنْفُسِكُمْ ؛ ومَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَاولائِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٦) اِنْ تُقْرِضُوا اللهَ قَرْضاً حَسَناً يُضَاعِفْهُ لَكُمْ ؛ ويَغْفِرْ لَكُمْ ؛ واللهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ (١٧) عَالِمُ الغَيْبِ والشَّهَادَةِ العَزِيزُ الحَكِيمُ)(١٨)

پیاوێ پرسیاری لە ئیبنو عەبباس ــ خ ــکرد لە مەعنای ئەم ئایەتەدا ؛ ئەویش فەرمووی : چەن پیاوێکی موسوڵمان لە ئەهلی مەکە بوون . ویستیان لە مەکەوە کۆچ بکەن بۆ مەدینە ؛ بەڵام ژنو منداڵەکانیان نەیانهێشتو بەرگرییان کردن • کاتێ بۆیان رێکەوتو کۆچیانکرد بۆ مەدینە دییان خەڵکی هەموو رۆشنبیرو شارەزای یاسای ئایینو دینیان بوون .ئەمان زۆر دڵگران بوون لەو نەهێشتنی ژنو منداڵیانەو ویستیان سزای ژنو منداڵەکەیان بدەن• جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

واتە : ئەی کەســانێ کە باوەڕتان کردوە بزانن کــە هەندێ لە ژنو منداڵەکانتان دوژمنتانن خۆتانیان لێبپارێزن ؛ چونکی ئەگەر شوێن ئارەزوو بیروڕای ئەوان بکەون لە ڕێگەی دین لاتانئەدەن • وە ئەگــەر چاوپۆشییان لێبکەنو تۆڵەیان لێنەسێننەوەو لە تاوانەکانیان خۆش بین ئەوە کارێکتــان کردوە کە خودا پێیڕازی بێ ؛ چونکی خودا بەخشندەو بەبەزەییەو بــەوە ڕازییە کە بەندەکانیشی تاوانبەخشو میهرەبانو بەبەزەیی بن •

هەرچی داراییو کوڕو کچتان هەیە هیــچ نیە ئەوە نەبێ کــە مایەی تاقیکردنەوەو هۆی زەحمەتی دنیاو سزای پاشەڕۆژە ، ئەگەر بە یاســـای دین تەماشایان نەکەنو تەمێو تەربیتیان نەکەن • وە خودا داراو تەوانایە بۆ بەخششو کەرەم لەگەڵتاناو پاداشی گەورە لە لای ئەوە • وە خۆتان بپارێزن لە سەرپێچیو نافەرمانیو ، واز لە حەرام بێنو واجبات بەجێبێنن هەتا لــە تەواناتانایە بە گوێرەی یاساو عادەت •• حەرام مەخۆن هەتا ناچار نەبن ؛ کە ناچار بوون زیاد لە پێویست مەخۆن ، وە نوێژە فەرزەکانتــان بکــەن تــا هۆشتان بەخۆتانەوەیە ، بە ڕاوەستانەوە ، بە دانیشتنەوە ، بە ڕاکشانەوە • تا ئاو هەبوو بە بێ مانیع لە بەکارهێنانی خۆشۆردنو دەسنوێژتان تەواوبکەن• کە ئاو نەبوو یا نەتانتوانی بەکاری بێنن (تیمم) بکەن • کە نە ئاوتــــان دەسکەوت ، نە تۆز هەبوو هەرچۆن بێ واجبــــەکە بەجێبێنن ، وە پاش دەسکەوتنی ئاوو تواناى بەکارهێنانی نوێژە فەوتاوەکان بە قەزابگێڕنەوە•••

وە هەمیشە ئایەتو حەدیثو وتاری ڕەواو جوان لە وەعظو ئیرشــاد ببیسنو ، فەرمانی خوداو ، پێغەمەری خوداو ، خاوەن فەرمانی شــــەرعی بەجێبێنن ، وە ماڵی خۆتان صەرف بکەنو ، زەکات بدەن بە موستەحەقانو، خەرجی بدەن بە خێزانتانو ، حەقی حەقدار بەبێ عوزر تەفرەمەدەن ••• وە هەرشتێ ئینسان لە ڕێگەی باشدا صەرفی بکا ئەوە بۆ خۆیەتیو خێرەکەی

بۆ خۆی ئەگەڕێتەوەو ؛ لە پاشەڕۆژدا پاداشەکەی دەسـتەکەوێ • وە هەرکەسێ لـە ڕژدیو چرووکی نەفسی خـۆی بپارێزرێ ئەوانە رزگارن لە دنیاو قیامەتدا •

وە ئەگەر قەرز بدەن بە خودا بە قەرزی جوان ؛ کە ئەوەتا تەنها لەبەر رەزای خودا بێ ئەوە خودا پاداشەکەتان چـەنقات ئەکاتەوەو تاواتتـان ئەبەخشێ • وە خودا تاوانبەخشو خـاوەن نەرمیو ئارامییە ؛ وە زانای پەنامەکیو دیارییەو خاوەن عیزەتو بارەگایەو خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکدا •

(قرض الحسـنه) قەرزی ئیحسانە
غـەیری واجبی ذیممـەی ئینسـانە
بـە کەم یا بـە زۆر بە ئیخلاصی دڵ
هەر بۆ رەزای حەق نەك بۆ خاكو گڵ
بیدەی بە کەسێ بە حەق داماو بێ
لە رۆزگارا سـەرلێشێواو بێ
نـانێ یـا ئاوێ یـا بەرگێکی وا
بێ بـە پارێز لە سـاردی هەوا
نەخسووس بۆ یەکێ خاوەن حەیا بێ
گەورەی لێکەوتووی چەرخی دنیا بێ
ئەگـەر خێرێ بێ هـەر نەبڕێتـەوە
دەرگای بەهەشتت لێ ئەکرێتـەوە
بینای مزگەوتێ ، یا مەدرەسەی دین
یا (دار الارشاد) لە بۆ (مسلمین)
هەر لەم قەرزەیە دەرزێکی دینی
بۆ رێنومـایی رێگەی ئـەمینی
(نامی) دەسمایەی قەڵەمـەو زمان
(قرض الحسنه)ی بۆ موسوڵمانان

سوورەتی تەلاق ، لە سوورەتە مەدینەییەکانە ، دوازدە ئایەتە ، دوای سوورەتی (انسان) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿ يا اَيُّها النَّبِيُّ اِذا طَلَّقْتُمُ النِّساءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ، واَحْصُوا العِدَّةَ ، واَتَّقُوا اللهَ رَبَّكُمْ ، لا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ ، ولا يَخْرُجْنَ اِلاَّ اَنْ يَأْتِينَ بِفاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ ، وتِلْكَ حُدودُ اللهِ ، ومَنْ يَتَعَدَّ حُدودَ اللهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ، لا تَدْرِي لَعَلَّ اللهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذلِكَ اَمْراً ﴾ (١)

ئەفەرموێت : بە وتار لەگەڵ حەزرەتدا ــ د ــ و گشت ئومسەتی پێغەمەری مەبەستە . ئەی پێغەمەری خۆشەوبست کاتێ ژناتتان تەلاق دا تەلاقەکەیان لە کاتێکدا بێ کە ماوەی (عیددە)یە کە کاتی پاکی ژنانە لە حەیزو نیفاس ، با بە درێژی ماوەی عیددە زیان نەدەن لە ژنەکانەوە ژمارەی رۆژو کاتی عیددەکەیان رابگرن بۆ ئەوە لە پێش تەواوبوونی عیددەکەدا شوو نەکەن بە داوای تەواوبوونی عیددەکەیان ، وە ئەگەر خواستی هێنانەوەی ژنەکانتان بوو با مافی گەڕانەوەیانتان لە کیس نەچێ . وە لە هۆدەو ماڵی شەرعی خۆیان دەریانمەکەن هەتا عیددەکەیان تەواو ئەبێ ، وە نابێ ئەوانیش لە هۆدەو ماڵی خۆیان دەرچن لەبەر چاودێری مافی خۆیانو مێردەکانیانو لەبەر پارازتنی رشتەی منداڵ ئەگەر پەیدا ببێ ، مەگەر کاتێ ئەو ژنانە ئیشێکی ناشیرینی ناباریان لێ دەربکەوێ ، وەکوو زیناکردن ، وە یا وەکوو بێشەرمیو جەنگکردن لەگەڵ خزمی مێردەکەیا ، یا لەبەر عوزرێکی تر وەکوو

رووخانی ئەو خانوە ، یا ترسی کاری نابار ... وە ئەمانەی وتم سـنوورو یاسای دینی خودا بوون پێویستە چاودێری بکرێن .وە هەرکەسێ لە سنووری دینی خودا لابدا ئەوە بە راستی ستەمی لە خۆی کردوە . تۆ نازانی ئەنجامی کار چۆن ئەبێ . هیوا هەیە کە ناوبەینتان باش ببێتەوە ، یـا بیانگێڕنەوە ، یا بە مارەکردنێکی تازە مارەیان بکەنەوە . وەکوو ئەفەرموێت : ئومێد هەیە خودا لە پاش ئەم تەلاق و جیابوونەوە ئیشی باش دروست بکا .

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە سوننەنی ئیبن و ماجەهدا دەگێڕێتەوە کە حەزرەت ـ د ـ لە (ام المؤمنین حفصه) زویر بوو لەسەر ئەوە یەك تەلاقی دا ، لە پاشـان لـە عیددەدا هێنایەوەو ، دوابەدوای ئەوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە .

وە سودەی ئەڵێ : هۆی هاتنەخوارەوەی ئـەم ئایەتە ئەوەبوو کـە عەبدوڵلای کوڕی عومەر ئامینەی ژنی تەلاق دا بە یەك تەلاق لـەو کاتەدا ئامینە لە بێنوێژیدا بوو ، عومەر ئەوەی بۆ حـەزرەت گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی: پێی بڵێ با بیگێڕێتەوەو،رای بگرێ هەتا لە حەیزەکە پاك دەبێتەوە، جا ئەکەوێتە حەیز ، جا پاك ئەبێتەوە ، جا ئەگەر ویستی تەلاقی بدا با تەلاقی بدا لە پێش ئەوەدا بڕواتە لای ئەمەیە (تەلاق بۆ عیددە) .

وە پرسیارکراوە لە حیکمەتی ئەوە کە حەزرەت (طهر) پاکیی یەکەمی نەکرد بە کاتی تەلاقدانی ئامینەی خێزانی عەبدوڵلاو فەرمووی:هەم بکەوێتەوە بێنوێژیو بکەوێتەوە پاکی ئەوسا ئەگەر ویستی تەلاقیبدا .. وەلامەکەی ئەمەیە هەتا ئەو (رجعه)یە نەبێ بە (محض) بۆ تەلاقدانی بەڵکو خۆی بگرێ هەتا دەکەوێتەوە بێنوێژیو پاك دەبێتەوە .

وه راستترینی قسەی خاوەن تەفسیرەکان ئەوەیە : کە ئەم سوورەتە بۆ ئینشای حوکمی تەلاقدانە لە کاتێکدا پاش تەلاقدانە کــە ژنەکە بکـــەوێتە عیددەوە ؛ بەم جۆرە ئەو ژنە زەیسان نەبێ وە لە حەیزیشا نــەبێو ، لــەو پاکییەدا کە تەلاقەکەی تێدا ئەدا لەگەڵیا نەنوستبێ ، ئەگەرنا ئەگەر نوستبێ لەوانەیە ژنەکەی لەو نوستنەوە ئاوس بووبێو بە هۆی سکەکەوە عیددەکەی زۆر دوا ئەکەوێو ئەو جۆرە تەلاقەیش باش نیە •

وه بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە : کە لە پێش ئەم ئایەتەدا عیددە لە تەلاقدا دانەمەزرابوو هەتا ئەسمای کچی یەزیدی کوڕی سەکەنی ئەنصاری لە عەهدی حەزرەتدا تەلاقدراو عیددە بۆ تەلاقدراو نەبوو • جا ئایەتی (یا ایها النبی اذا طلقتم النساء •••) هاتەخوارەوە •

باسی دووهەم : ئەمەیە کە حەزرەت ــ د ــ گەلێ جار بە تەصریحو بە غەیرەتەصریح ناڕەزایی خۆی لە تەلاقدانی ژن دەربڕیوە • لــە عەبدوڵلای کوڕی عومەر دەگێڕنەوە ــ خ ــ کە حەزرەت ــ د ــ فەرموویەتی : لەوانــە کە خودا زۆر پێیناخۆشە لە حەلاڵدا تەلاقە • وە لە حەزرەتی عەلی ــ ك ــ دەگێڕنەوە : کەحەزرەت فەرموویەتی : ژن بێنن‌و ژن تەلاق مەدەن ، بـــە ژن‌تەلاقدان عەرشی خودا ئەلەرێتەوە •

وه لە ئەبوموسا دەگێڕنەوە کە حەزرەت فەرموویەتی : (لا تطلقوا النســـاء الا من ريبة ، فان الله ــ عــز وجــل ــ لا يحب الذواقــين ، ولا الذواقات) • وە لە مەعاذەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ کە پێغەمەر فەرموویەتی : (ما خلق الله شيئا على وجه الارض احب اليه من العتاق ، ولا خلق الله شــيئا ابعض من الطلاق) •

وه لە واجباتی ئادابو رەوشتی چاکە چاودێری مەسەلەی تەلاق ، وە

ئەبێ بە بێ سەبەب و هۆیەکی ڕەوا وشەی تەڵاق بە دەمی پیاودا نەیەت و ژن تــەڵاق نــەدا • وە پێویستە لەســەر زانـایـانی ئاگــادار ئامــۆژگاری موسوڵمانان بکەن کە لە تەڵاقدانی ژن دووربکەونەوەو سوێند بــە تەڵاق نەخۆن ، چونکە ژن تەڵاقدان ماڵ وێران ئەکاو ، منداڵ سەرگەردان ئەکاو ، ڕشتەی خزمایەتی ئەبڕێ و ، پەشیمانی و داخ بۆ هەردوو لا دروست ئەکا ••• وە ئەگەر هەر ناچار بوو با بە شــێوەیەکی شەرعی یەك تەڵاقی بداو لە کاتی پاکی ژنەکەدا بێ •

سێهەم : ئەمەیە لە حەدیثی ئیبن وعومەر وەردەگیرێ کە تەڵاقی شەرعی ئەوەیە حەوت مەرجی تێدابێ :

١ ــ یەك تەڵاق بێ •

٢ ــ ژنەکە لەوانە بێ حەیزی پێدابێ •

٣ ــ ژنەکە پاك بێ لە خوێن •

٤ ــ کابرا لە پێش ئەو تەڵاقەدا نەچووبێتە لای ژنەکەی •

٥ ــ پێش ئەو تەڵاقە لە کاتی حەیزدا تەڵاقێکی تری نەدابێ •

٦ ــ لە دوای ئەویشەوە تەڵاقێکی تر نەبێ لە (طهر) ا •

٧ ــ تەڵاقەکەیش خاڵی بێ لە (عوض) •

وە بازێ ئەڵێن : ئەبێ تەڵاقەکە یەك تەڵاقە بێ وەکوو لــە ڕووداوی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو ژنەکەیەوە دەرئەکەوێ •

وە ظاهیری ئایەتەکە ئەوەیە کە یەك تەڵاق و ، دوو تەڵاق و ، ســـێ تەڵاق لەم حوکمەدا کە موقارەنەی کاتی عیددەیە وەکوو یەك وانە • واتە : ئەگەر یەك تەڵاقی بدا لە کاتی پاکیدا یا دوو تەڵاق یا سێ تەڵاق هــەر بــەر تەڵاقی ڕەوادراو ئەکەوێ •

بەڵێ هەندێ فەرموویانە : جوملەی : (لا تدری لعل الله یحدث بعد ذلك امرا) ئایەتەکە ئەبڕێ بەسەر یەك تەڵاق یا دوو تەڵاقدا ؛ چونکە مەبەس لە پەیدابوونی ئەو ئەمرە پەشیمانبوونەوەی کابرایە لــە تەڵاق‌و گێڕانەوەی ژنەکە بۆ لای خۆی ئەگەر تەڵاقی ریجعی بێ ، یــا عەقــدی تازەیە ئەگەر تەڵاقەکە (بائنە) بێ لە تەڵاقێك یا لە دوو تەڵاقاو بۆ سێ تەڵاقە دەس‌نادا . لەبەر ئەوە نە ماوەی گەڕانەوەو نە ماوەی عەقــدی تــازە لە سێ‌تەڵاقەدا نامێنێ •

چوارەم : ئەمەیە ئەو تەڵاقە کە موقارینی عیـــددە بێ‌و مەرجــەکانی بێنەجێگە •• ئەوە دروستە هەرچەن سێ‌تەڵاقە بن ، وە هەرسێ تەڵاقەکەیش ئەکەون با بە یەك جارو یەك کەلیسەیش بێ وەکوو (انت طــــالق ثلاثا) • وە بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە دارەقوطنی لە سەلەی کوڕی ئەبوســەلە ئەویش لە باوکی دەگێڕێتەوە : کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف (تماضر)ی ژنی خۆی تەڵاق‌دا ، واتە بە سێ‌تەڵاقە ؛ وە هەواڵمــــان پێ‌نەگــەیشتووەو نەمانبیستوە کەس لە یاران لەو کارەدا عەیبیان لێ گرتبێ • هەروا بەڵگەی هێناوەتەوە بە حەدیثی سەلەی کوڕی ئەبو سەلە لە باوکیەوە کە : حەفصی کوڕی موغیرە لە سەردەمی حەزرەتا فاطمەی ژنی خۆی تەڵاق‌دا بە سێ‌تەڵاق لە یەك جارداو حەزرەت فاطمەی لە مێردەکەی جیاکردەوە • وە نەمانبیستوە حەزرەت ئەو مەسەلەی بە عەیب‌و پێچەوانەی شەرع زانیبێ •

هەروا بەڵگەی هێناوەتەوە بە حەدیثی عوەیمیری عجلانی کــە لە پاش لیعانی لەگەڵ ژنەکەیا وتی : ئەی پێغەمەری خودا (هی طالق ثلاثا) واتە : سێ‌تەڵاقەی کەوتوە • وە حەزرەت ئینکاری نەکرد • وە ئەگەر سێ‌تەڵاقە حەرام بوایێ حەزرەت ئینکاری ئەکرد •

پێنجەم : ئەمەیە ژنی (معتده)ئەگەر تەڵاقەکەی ریجعی بێ مافی نیە لەو هۆدەی خۆیە دەرچێ نە بە شەوو نە بە رۆژ • وە ئەگەر بائینە بێ ئەوە ئەتوانێ بۆ ئیش‌و کاری خۆی بە ئەندازەی پێویست دەربچێ ؛ هەروا لە عیددەی مردنی مێردا •

لە جابیرەوە ئەگێڕنەوە ئەڵێ : پوورم ــ خوشکی دایکم ــ تەڵاق‌درا . جا ویستی بڕوا خورمای باخی خۆی ببڕێ‌و . کابرایێ لۆمەی کرد ، جا ژنەکە هات بۆ خزمەتی پێغەمەرو ــ د ــ فەرمووی : بەڵێ بڕۆ خورمای خۆت ببڕە، بەشکوو خێرێ یا چاکەیێ بکەی •

(فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ، أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ؛ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ ، وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ، ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ .وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (٢) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ؛ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ ؛ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ ؛ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا) (٣)

جا کاتێ ئەو ژنە تەڵاقدراوانە گەیشتنە نزیکی تەواوبوونی عیددەکەیان، وەك ئەوە بگەنە (طهر)پاکی ــ سێهەم • یا بیان‌هێننەوەو رایان‌بگرن بـــە یاسایێ کە ناسراوو دامەزراوە لە شەرعا . وەکوو پێکهاتن‌و ژین‌و ژیوارو رابواردنێکی ئارام‌و عادەتی . وە یاخود لێیان جیاببنەوە بە شێوەی ناسراو ؛ واتە ماف‌و ، مارەیی‌و ؛ حەقی موتعەیان‌و ؛ رایەخ‌و نوێنی عادەتیان پێ‌بدەن• وە هەرچی ماڵی خۆیشیانە تەواو بیبەن • وە دوو شایەتی عەدلیشیان لەســەر رابگرن ؛ لەسەر هێنانەوەیان ؛ یا لەسەر مارەکردنەوەیان ؛ وە یا لەســەر لێ‌جیابوونەوەیان لەگەڵ وەرگرتنی مافی خۆیانا • بەڵام شایەت‌گرتن لەسەر

ریجعەتو لەسەر جیابوونەوە بە تەواوبوونی عیددە واجب نیەو ، لەسەر نیکاحکردنەوە بە عەقدی تازە واجبە • وە بە طەبیعەتی دین پێویستە ئەو دوو شایەتە لە خۆتان بن • واتە لە موسوڵمانان •

وە ئەو شایەتییە لەبەر ڕەزای خودا ڕابگرن ، واتە ئەگەر دوو کەس بوون بە شایەت لەسەر گەڕانەوە ، یا لەسەر تەواوبوونی عیددە ، یا لەسەر عەقدی تازە •• بە گوێرەی پێویست شایەتییەکە کەتم مەکەنو شایەتی بدەن •

ئەم بەیانی ئەحکامە وەعظو ڕێنومایی کەسێکی پێئەکرێ کە باوەڕی بەخوداو پاشەڕۆژ بێ ، وە هەرکەسێ تەقوای هەبێو لە خودا بترسێ لە پیاوو لە ژن لە چاودێری کاتی شەرعیدا بۆ تەڵاقو ، بۆ گێڕانەوەو ، بۆ ڕاگرتنی ژنی تەڵاقدراو لە ماڵاو ، بۆ نەچوونەدەرەوەی ژنەکان •• ئەوە خودا دەرچوونو ڕزگاربوونی لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەك بۆ ڕێك ئەخاو ، ڕۆزی بۆ ئەنێرێ لە شوێنێکەوە کە ئەو بە خەیاڵیا نەهاتبێ لەو شوێنەوە ڕۆزی بۆ دێ • وە هەرکەسێ پشت بەخودا ببەستێ ئەوە خودای بەسە • بە ڕاستی خودا بە مەبەستی خۆی ئەگاتو مەبەستی خۆی لەدەس دەرناچێ • وە بۆ هەموو شتێ ئەندازەو میزانێکی داناوە هەرگیز لەوانە نیە ئەو کێشو ئەندازە تێك بچێو کەمو زیاد بکا •

(والّلائِي يَئِسْنَ مِنَ المَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ – اِنِ ارْتَبْتُمْ – فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاثَةُ اَشْهُرٍ ، والّلائِي لَمْ يَحِضْنَ ، واُولاتُ الأَحْمَالِ اَجَلُهُنَّ اَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ، ومَنْ يَتَّقِ اللهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ اَمْرِهِ يُسْراً (٤) ذلِكَ اَمْرُ اللهِ اَنْزَلَهُ إلَيْكُمْ ، ومَنْ يَتَّقِ اللهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ ويُعْظِمْ لَهُ اَجْراً) (٥)

وە ئەوانە لە ژنانتان کە نائومێد بوون لە بەر پیری لە حەیزو بێ‌نوێژی، ئەگەر نازانن عیددەیان چەندێکە ؛ بزانن عیددەیان رابوردنی سـێ مانگـە بەسەر تەڵاقدانیانا ؛ هەروا ئەو ژنانەش کە هێشتا حەیزیان پیانەهاتوە • وە ئەو ژنانە کە سکیان هەیە ئەوە ماوەی عیددەکەیان تا دانانی سکەکەیانە • وە هەرکەسێ لە خودا بترسێ ئەوە خودا لە هەموو کارێکیا ئاسانی بۆ دێنێ ، واتە کاری بە ئاسانی رائەبوورێ • وە ئەم حوکمـانە ئەمری خودان خودا ناردوونیەتیە خوارەوە بۆ ئێوە ، وە هەرکەسێ لە خودا بترسێ ئـەوە خودا گوناهەکانی بۆ دائەپۆشێ‌و پاداشیشی بۆ گەورە ئەکا •

بزانن ! ئەوانە کە سکیان هەیە عیددەکەیان بە بوونی منـــداڵەکەو لێبوونەوەی سـکەکەیانە خواە تـەڵاقدراو بن یاخود مێردیان مردبێ • ئەبوسەلمە ئەڵێ : پیاوێ هات بۆ خزمەتی ئیبن‌وعەبباس‌و ، ئەبوهورەیرە لە لای دانیشتبوو ، کابرا بە ئیبن‌و عەبباسی وت : فتوام بدەرێ لە عیددەی ژنێکی وادا کە مێردەکەی مردوەو لە پاش‌مردنی ئەو بە چل رۆژ منداڵی بوو•

ئیبن‌وعەبباس فەرمووی : عیددەی بە (آخر الاجلین)ە • واتە : مادام مێردەکەی مردوە ئەبێ عیددەی وەفات تەواو بکاو ، لەم مەســـەلەدا ئەبێ لەسەر ئەو چل رۆژەوە ماوەی چوارمانگ‌و دە رۆژەکە تەواو بکا • ئەبوسەلمە وتی : (انا ــ واولات الاحمال اجلهن ان یضعن حملهن) واتە من وام لەگەڵ ئەو ئایەتەدا ، وە مادام ژنەکە سکی بوەو سکەکەی داناوە ئیتر عیـددەی تەواو بوە.•

جا ئەبوهورەیرەیش وتی : من وام لەگەڵ ئەبوسەلمەدا ، جا ئیبن‌وعەبباس ــ خ ــ (کریب) ناوی غولامی خۆی نارد بۆ لای (ام ســلمه)ی خێزانی حەزرەت ــ د ــ پرسیاری ئەم مەسەلەی لێ‌بکا ، ئەویش فەرمووی : مێردی

(سبیعەی ئەسلەمییە)شەهید کراو سوبەیعە سکپڕ بوو ، وە لە پاش مردنی مێردەکەی بە چل ڕۆژ : **سکەکەی لێ‌بوەوە ، جا خوازبێنی کراو حـەزرەت** مارەی کرد بۆ ئەو کەسە داوای‌کردبوو • (بوخاری) •

کە وابوو حاصڵی ئەم بابە ئەمەیە : هەر ژنێ لە مێردی خۆی جیاببێتەوە بە تەڵاق ، یا بە فەسخ ، یا بە مردنی مێردەکەی ــ ئەگەر سکپڕ بێ ئـەوە عیدەی بە دانانی سکەکەیەتی ، وە ئەگەر سکی نەبوو لەوانە بوو ئەکەوتە بێ‌نوێژییەوە ئەوە عیدەکەی بە سێ پاکییە ، وە ئەگەر حەیزو پاکی نەبوو لەبەر ئەوە هەر لە بناغەدا نەی‌بوە یا خود منداڵەو حەیزی نەدیوە •• ئـەوە بە سێ مانگە •

(اَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنْتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ ، ولا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ ، وإِنْ كُنَّ أُولاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ، فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ، وأْتَمِرُوا بَيْنَكُمْ بِمَعْرُوفٍ وإِنْ تَعاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرى (٦) ، لِيُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ ، ومَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنْفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللهُ ، لا يُكَلِّفُ اللهُ نَفْساً إِلاَّ مَا آتَاهَا ، سَيَجْعَلُ اللهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْراً) (٧)

ئەو ژنە تەڵاقدراوانە دابنێن لەو شوێنانەدا خۆتان تیایانا دانیشتوون لە دەستەڵاتی خۆتانو لەوەی وا بە دەستانەوە ، هیچ کاتێ بە قەسدیی زیانیان لێ‌مەدەن لە مەسکەندا ، واتە لە جێگەی ناموناسـبدا دایان‌مەنێن ، هەتـا جێگەیان لەسەر تەنگ بکەنو لەبەر ناچاری دەربچن ، وە ئەگەر ئەو ژنـە تەڵاقدراوانە خاوەن سك بوون ئەوە خەرجیان بۆ بکەن ، واتە پێویستی

ژیواریان بۆ جێبەجێ بکەن هەتا سکەکانیان دائەنێن ؛ وە ئەگەر ئەو ژنـە تەڵاقدراوانە شیریان ئـەدا بـە منداڵەکانتان کرێی تـەواویان پێبدەن ، وە پێویستە بازێکتان ئەمر بکەن بە بازێکتان بە یاسای ناسراوو باو لە بارەی شیردانەوە بە منداڵو کرێدان بە خاوەن شیرەکە • جا ناسراوو باو لە لای ژنەکەوە ئەمەیە کە بە بێ کرێ شیر بدا بە منداڵەکە یا بە کرێیەکی کەم • وە باوو ناسراو لە لایەنی کابراوە ئەمەیە کە کرێی باش بدا بە ژنەکە •

وە هەندێ فەرموویانە : یانی ئەی باوكو دایکی منداڵ لە پاش تەڵاقدان لەناو خۆتانا رێبکەون لە ماوەی شیردان بەو منـــداڵەداو ئەوەندە زوو مەیبڕنەوە لە شیر منداڵەکە کز ببێ ؛ وە ئەوەندەیش زۆری مەکەن لە دوو ساڵ زیاد بکا • وە ئەگەر کەوتنە بەیانی نەبوونیو کەمدەستی ، واتە لەبەر رژدی یا لەبەر دەلیلێکی تر کرێی باشتان نەدا بەو دایکە شیردەرە با کەسێکی تر شیری بداتێ : وە با خاوەن دەستو دەوڵەمەند وەك خاوەن دەســتو دەوڵەمەندان مەصرەف بۆ ئەو ژنە تەڵاقدراوە بکا ؛ وە ئـەو کەسەیش نییەتیو دەس کورتە با خەرج بکا بۆ ئەو ژنە بە گوێرەی توانای خۆیو لەوەی خودا پێیداوە • خودا داوا لە هیچ کەسێ ناکا بە ئەندازەی ئەوە نەبێ خودا داویەتی پێی • وە لەمەولا خودا لە پاش نەبوونیو نەدارایی گوزەران ئاسان دێنێو گوزەران زۆر ئەبێ بۆ ئاسایشی ئێوە •

بزانن ! ظاهیری ئایەتەکان ئەمەیە : ژنە تەڵاقدراوەکان (مطلقا) مافی سوکنایان هەیەو پێویستە خاوەنی ئەو ژنانە ئەو سوکنایانە بۆ دابین‌بکا • وە ژنی سکپڕیش بە گوێرەی ئایەتە پێشوەکە پێویستە نەفەقەی بکێشرێ هەتـا سکەکەی دائەنێ لەبەر ئـەوە کە لە ژێر باری حەملی کابرادایە • وە تەڵاقدراوی ریجعیش لە حوکمی ئەوەدایە ژنی کابرای تەڵاقدەر بێ ، کە وابێ وەکو سوکنای واجبە ئەبێ نەفەقەیشی واجب بێ • بەڵام تەڵاقدراو بە

تەلاقی بائین ئەوە جێگەی خیلافە : لە لای شافیعی ــ خ ــ حەقی نەفەقەی نیە ؛ چونکی پەیوەندی بە مێردەکەیەوە نەماوە • وە لە لای ئیمامی حەنەفی حەقی نەفەقەی هەیە لەبەر ئەوە کە وا لە قەیدی خاوەنەکەیا • بەلام ژنێ مێردی مردبێ ئەوە حەقی سوکنای هەیە ئیتر حەقی نەفەقەی نیە ، لەبـەر ئەوە حەقی میراتی بۆ هاتوەتەوە •

وە ئەو شوێنە کە لە پێش جیابوونەوە تیایا بوون ئەبێ هەر لەو شوێنەدا بمێنێتەوە ، مەگەر لەبەر مانیعێ وەکوو رووخان ، یا ترسی بەدڕەوشتو بەدکارانو ••• وێنەی ئەمانە •

وە لەوەدا کە ئەفەرموێت : (واسکنوهن) دەرئەکەوێ دروست نیە دانیشتن لەگەڵ ژنی تەلاقدراودا لەگەڵ کەسێکدا نەبێ کە مانیع بێ لـە (خەڵوەتی شەرعی) • وە ئەو ژنە تەلاقدراوە حوکمی ژنی بێگانەی هەیە لە هەموو بابەتو حوکمێکدا •

(وكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا ورُسُلِهِ فَحاسَبْنَاهَا حِساباً شَدِيداً وعَذَّبْنَاهَا عَذَاباً نُكْراً (٨) فَذَاقَتْ وَبالَ أَمْرِهَا ، وكانَ عاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْراً ؟ (٩) أَعَدَّ اللهُ لَهُمْ عَذَاباً شَدِيداً ، فاتَّقُوا اللهَ يا أُولِي الألْبَابِ الَّذِينَ آمَنُوا قَدْ أَنْزَلَ اللهُ إِلَيْكُمْ ذِكْراً : (١٠) رَسُولاً يَتْلُو عَلَيْكُمْ آياتِ اللهِ مُبَيِّنَاتٍ ، لِيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلى النُّورِ ، ومَنْ يُؤْمِنْ بِاللهِ ويَعْمَلْ صَالِحاً يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأنْهارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ، قَدْ أَحْسَنَ اللهُ لَهُ رِزْقاً) (١١)

گەلێ ئەهلی دێهاتو ئاوەدانی لـە فەرمانی خوداو پێغـەمەری خودا لایان دا ، جا ئێمە حسابسان لەگەڵا کردن بە حسابێکی سەخت لە دنیاداو ، لە پاشەڕۆژیشدا سزامان دان بە سزایەکی ناشیرین • واتە : ئەم سزامانە بۆ بڕیارداون جا تۆڵەی بیرو باوەڕەکەیان لە دنیادا چەشتو، ئەنجامی کاریشیان خەسارو زیان بوو • خودا سزایەکی سەختی بۆ ئامادەکردوون دەی لە خودا بترسن ئەی خاوەن هۆشەکان ، ئەوانە کە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە •

بە راستی خودای میهرەبان زیکرێکی ناردوە بۆ لای ئێوە کە قورئانەو بوە بە هۆی ناوبردنی خوداو یادی هەستکردن بە مەســــئوولییەت ، وە پێغەمەرێکیشی ناردوە بۆ لاتان کە ئایەتی رووناکی خوداتان بەســـەرا ئەخوێنێتەوە ، ئەو ئایەتانە کە فەرمانی بیرو باوەڕو کردەوەی خێرو شەڕتان بۆ دەرئەخا ، بۆ ئەوە ئەو کەسانە باوەڕیان هەیەو کردەوەیان باشە دەریان بکا لە تاریکی نەزانیو بێباوەڕیو بێویژدانی بۆ لای روونـــاکیو پڕتەوی زانیاریو ئیمانداریو ویژدانکاری • وە هەرکەسێ باوەڕ بە خودا بکاو کردەوەی باش بکا خودا ئەیخاتە ئەو بەهەشتانەوە کە لە ژێریانەوە جۆباری زەلاڵی گەوارا رەوان ئەبێ ، وە حاڵی ئەوانەیش وایە هەتا هەتایە لـەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوە ، بە راستی خودا رزقو رۆزی ئـــەو کەســەی جوانکردوە کە ئەڕواتە بەهەشتەوەو خودا بەهەشت ئەکا بە بەشی •

(اللهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ ، وَمِنَ الأَرْضِ مِثْلَهُنَّ، يَتَنَزَّلُ الأَمْرُ بَيْنَهُنَّ ، لِيَعْلَمُوا أَنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، وَأَنَّ اللهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْماً) (١٢)

خودا پەروەردگارێکی وایە حەوت ئاسمانی دروستکردوەو ، لـە زەویش وەکوو ئاسمانەکان حەوتی دروستکردوە ، وە ئـەمرو فەرمانی خودا لە نێوانی ئەوانا دێتەخوار ، واتە هەموو کارەساتو رووداوی نـاو ئاسمانو زەوی هەموو بە حوکمی خودا دێنەجێ : هەتـا بزانن ئـەی هۆشیاران بە راستی خودا تەوانایە بەسـەر هـەموو مومکینێکدا بۆ دروستکردنیو لەناوبردنی ، وە بزانن بە راستی خودا هەموو شتێکی بـە زانیاری داگرتوە : چونکە تەدبیری هەموو کائینـــات ئەکاو ئیرادەیش پێویستە بە عیلم •

خودا لە گەلێ ئایەتی قورئاندا ناوی حەوت ئاسمانی بردوەو لـەم ئایەتەیشدا ناوی هاوو‌ێنەیی زەوی بۆ ئاســـمان بردوە ، وە ظاهـیر وایـە هاووێنەیان لە ژمارەی حەوتاو ، لە حەقیقەتا عالەمی کائینات کەشفی بە لای خوداوەیەو کەس نەیتوانیوە بیانزانێ بە عیلمو زانیاری خودا نەبێ •

ئەم ئاسمانانە بە نەصی ئایەت حەوتن ، وە ئاسمانی نزیك لــە ئێمەوە جوانکراوە بە زینەتی ئەستێرەکان ، مەعنای وایە ئاسمانەکان وێنـــەی (مەوجی مکفوفن) واتە مادەیەکن خودا دروستی کردوونو رای گرتوونو لە تێکچوون مەنعی کردوون • وە کەشفی مادەکەیان کە چییەوچۆنە هەر لە عیلمی خودادایە • وە هەموو ئەو ئاسمانانە ئەستێرەیان وا پێوە لە رۆژو مانگو ، مریخو ، زحلو ، زهرەو ، مشتریو ، عطاردو ••• هەموو وان لە ئاسمانی یەکەمدا لەگەڵ جیاوازی پایەو دووری بەینیانا : وە کۆمەڵێکیان تـابیعی رۆژنو بـە دەوری رۆژا ئەســـوورێنەوەو ، لەوانەیـە رۆژو مەجمووعەکەی بە دەوری ئەســـتێرەیەکی تـری لـە خۆی گـەورەترا بسوورێنەوەو لەبـەر دووری لەبەرچاوی ئێمەدا بچووك بێ ، یـا نەبینرێ ، وەکوو ئەڵێن : ئەستێرەی شیعرا ملیۆنێ جار لە رۆژ گەورەترە !

وە ئاسمانەکانی تر کە شەشن وان لە زانستی خودادا چۆنن و چین •
وە ظاهیری ئەم ئایەتەیش وا ئەگەیەنێ عـەرزیش حـەوتن ؛ وە زانایان لەمەوپێش ئەیانوت : یانی زەوی حەوت چینە تا ئەگاتە ناوەڕۆکەکەی • وە ئێستە ئەهلی عیلم داوای ئەوە ئەکەن کە شەش کورەی تر وەکوو ئێمـه هەیە کە گیانلەبەریان تێدایە ؛ وە زانایان لە هەوڵی ئەوەدان بگـەن بـە دۆزینەوەی • وە جوملەی (ومن آياته خلق السماوات والارض وما بث فيهما من دابة) سوورەتی شوورا ئایەتی (٢٥) تەصریحی بەم مەوزووعە تیایە •

بەهەرحاڵ چونکی ئێمە خاوەنی ئەو زانستە نین ئەم بابە رووبـاری پشکنینی زانایان ئەکەینەوە ؛ بەڵکو لە داهاتوودا شتێ بکەن ، وە ئەوەیش باڵادەست و باڵازانیاری ئەوانە بۆ لای خودای ئەگێڕینەوە کە هەر خۆی ئاگاداری پەنامەکی و شاراوەیە •

دەرکی ئەسراری هەمـوو کائینـات
عیلمێکمـە لایـەق بـە کیبریای ذات
ذاتـێ کـە کونهی ذاتـی پەنهانـە
یـەك جیلوەی ئـەوە ئەم دوو جیهانە
ملیاران عەیـار مـادەی کۆنـەو نەو
لـەو ئەستێرانـە پڕن لـە پرتـەو
عـەرزو ئاسمان لە عەرش و کورسی
لـە مەلایکـەی بارەگـای قودسـی
لە دەریای ئەثیر ، لە مەوجی دەریـا
سەرگەردان ئەکەن ئادەمـیی وریا
لـە پلـەپلـەی دۆزەخـی لەهیـب
لـە زەبانییەی دلـڕەقـی عـەجیب
لـە نیعمەتانـی پایندەی بەهـەشـت
ڕەحمەتەکانـی لـە کۆسـارو دەشت

هەموو بەحسێب عالەمــی مــادەن
یانــی لە قیسمی ئیســمی شەهادەن
جابێ بــۆ سەیری عالەمــی غەیبی
لــە بــۆ ئەنواری زاتــی بــێعەیبی
بۆ سەیری ئەرواح پڕ لــە ئەنواری
بــۆ مەلەکووتــی خاوەن ئەســراری
کــە ئەزانی چــین ئەمانــە هەمــوو
(لا یعلمهـــا قطعـــا الا هـــو)
ئەوەی مەعلوومــە لە سیرِی قورئان
ئەحکامــی دینــە کــراون بەیـــان
یـــا وەعدو وەعید بــۆ قاسیو عاصی
یا بــۆ موخلیصان ڕێی حەقشوناسی
ئەنــا ئایاتــی ســیرِی ســەماوات
یا ئەســتێرانی بەتــاو ســەییارات
یا کەشــفی بەهەشــت دائیمو قائیم
(ظلهــا بــاق ، اکلهـــا دائـــم)
بە غەیــری خــودا نیــە لە ئیمکــان
کەشــفی ماوەرای زەمــانو مەکــان
(خــذ علــی هــذا فضلا دلیلا :)
(ومـــا اوتیتـــم الا قلیـــلا)
(نامی) لــە خــودا ئەپارێتــەوە
دەرگــای شــوعووری بــۆ بکرێتەوە

سوورەتی تەحریم لــە سوورەتە مەکەییەکانە ، دوازدە ئایەتە ، دوای سوورەتی (حجرات) هاتوەتــە خوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يا اَيُّها النَّبِيُّ ! لِمَ تُحَرِّمُ مـا اَحَلَّ اللهُ لَكَ ، تَبْتَغِي مَرْضَاتَ اَزْوَاجِكَ ؟! واللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١) قَدْ فَرَضَ اللهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ اَيْمـانِكُمْ ، واللهَ مَوْلاكُمْ ، وهُوَ العَلِيمُ الحَكِيمُ) (٢)

ئەی پێغەمەری خودا ! بۆچی لە خۆت حەرام ئەکەیت ئەوەی کە خودا بۆی حەلاڵکردووی ؟ ئەتەوێ بەم حەلاڵحەرامکردنە خێزانەکانت رازیی بکەیت ! وە خودا تاوانبەخشو میهرەبانە •

خودا کردنەوەی گرێی سوێندەکانی ئێوەی بۆ بڕیارداون ، واتــە رزگاربوون لە تاوان بە هۆی کەفارەتی ئەو سوێندانەوەو،خودا گەورەمانەو زانایە بە هەموو شتێكو ، خاوەن حیکمەتە •

موسلیم لە عائیشە دەگێڕێتەوە کە : پێغەمەر ــ د ــ جارجار لە ماڵی زەینەبی پوورزای ئەمایەوەو شەربەتی هەنگوینی ئەخواردەوە • جا منو حەفصە بڕیارمان دا هەرکام لە ئێمە حەزرەت بێت بۆ لای پێی بڵێت : من بێنی (مغافیرت) لێ ئەکەم ، ئایا مغافیرت خواردوە ؟ جا حەزرەت چــووە ماڵی یەکێکیانو ئەو قسەی پێوت • ئەویش فەرمووی : نەخەیر هەنگوینم خواردوەو ئیتر نایخۆمو لێم حەرام بێ !

وە دەگێڕنەوە : کە حەزرەت لە ناوماڵی حەفصەدا لەگەڵ (ماریە)ی جارییەیدا خەڵوەتی کردو ، حەفصە لە ماڵی باوکی بوو • دوایی حەفصــە لۆمەی حەزرەتی کرد لەسەر ئەوە • جا حەزرەت مارییـــەی لــە خۆی حەرامکردو فەرمووی : ئەمە بە کەس مەڵێ ، بەڵام گێڕایەوە بۆ عائیشە • جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە •

(وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثاً ، فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ ، فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هذا ؟ قَالَ : نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ (٣)

إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ، وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ ، فَإِنَّ اللهَ هُوَ مَوْلاهُ ، وَجِبْرِيلُ ، وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ ، وَالْمَلائِكَةُ بَعْدَ ذلِكَ ظَهِيرٌ) (٤)

باسی ئەوە بکە کە حەزرەت بە نهێنی قسەیــەکی بــە هەندێ لــە خێزانەکانی فەرموو ، قسەکەیش ئەوەبوو فەرمووی : خواردنی هەنگوینم لەسەر خۆم حەرامکرد ، یاخود مارییەم لەسەر خۆم حەرامکرد ، بەڵام ئەم قسەی منە بۆ عائیشەو غەیری ئەویش مەگێڕەوە • جا کاتێ حەفصە ئــەو قسەی لای عائیشە درکاندو ، خودا پێغەمەری ئاگادارکردەوە لەو باسە •• حەزرەت ــ د ــ هەندێ لەوانەی کە بە وەحی حاڵیکــرابوو باسی کردو گێڕایەوە ، کە بە حەفصەی فەرموو : تۆ ئەم قسەتە بۆ عائیشە گێڕاوەتەوە، وە هەندێ تر لە وەحیەکەی بۆ گێڕایەوە • جا کاتێ حەزرەت بە حەفصەی وت کە تۆ ئەم باسەت بۆ عائیشە گێڕاوەتەوە ، حەفصە لە حەزرەتی پرسی :

کێ ئەم باسەی بۆ گێڕاویتەوە ؟ حەزرەت فەرمووی : خودای زانـــای ئاگادار قسەی بۆ کردووم • جا ئەی حەفصە : وە یا ئەی عائیشە ! ئەگــەر تەوبە بکەن‌و لەو وەزعە پێشوە پەشیمان‌بینەوە ئەوە حەقە تەوبە بکـەن‌و جێگەی خۆیەتی ؛ چونکی دڵتان لە ڕێگەی حەق لای‌دابوو لەبــەر ئەوە حەزتان بەوە نەدەکرد کە حەزرەت پێی خۆش بوو وەکوو مانەوەی بێ لـە لای ماریە ؛ وە یا خواردنی هەنگوین بێ لە لای زەینەب ؛ وە ئەگەر هەر یارمەتی یەکتری ئەدەن‌و لەسەر ئەو حاڵە پێشوە دەوام ئەکەن ئەوە ئــەو باکی لێتان نیــە ؛ چونکە بە راســتی خوداو . جوبرەئیل‌و ؛ پیاوچاکانی موسوڵمانان دۆستی پێغەمەرن‌و . زیاد لەوانەیش مەلائیکە پشتیوانن بــۆ ئەو ؛ ئیتر باکی لە ئێوە نیە •

لە صەحیحی موسلیمدا لە ئیبن‌و عەبباس دەگێڕێتەوە ئەڵێ : ماوەی ساڵێ چاوەڕێی هەل بووم بۆ ئەوە پرسیار لە عومەری کوڕی خەطاب بکەم لە مەعنای ئەم دوو ئایەتە ! بۆم ڕێ‌نەکەوت‌و نەمتوانی پرسیاری لێ‌بکەم لەبەر هەیبەتی لە دڵما،هەتا چوو بۆ سەفەری حەج‌و منیش لەگەڵیا دەرچووم. کاتێ حەجمان‌کردو گەڕاینەوە ڕۆژێ لە ڕێگەدا لای دار (اراك)ێکدا لای دابوو بۆ دەست‌بەئاوگەیاندن ؛ منیش لەلایا راوەســـتام هەتا لێ‌بووەوە ؛ لەوەولا لەگەڵیا ڕۆیشتم بەرێگەداو وتم : ئەی (امیر المؤمنین)ئەو دوو ژنە کێن لە خێزانەکانی حەزرەت کە (تظاهر)یان لەســەر کرد ؟ ئەویش وتی : حەفصەو عائیشە بوون • منیش وتم : وەڵلاهی ماوەی ســـاڵێکە ئەمەوێ پرسیارت لێ‌بکەم‌و لەبەر هەیبەتی تۆ لە دڵما نەمتوانی • ئەویش فەرمووی : جارێکی تر وانەکەی • ئەگەر وات‌ئەزانی شتێ لای من هەیە پرسیارم لێ‌بکە، ئەگەر بزانم پێت‌ئەڵێم •

جا دوای ئەوە ئەو قسەی بە ئیبن‌وعەبباس وت فەرمووی : وەڵلاهی

ئێمە لە کاتی جاهیلییەتا هیچ حسابێکمان بۆ ژن نەدەکرد هەتا خودا ئایەتی قورئانی لە بارەی ژنانەوە ناردەخوارەوە • ئەڵێ : ڕۆژێ لە ڕۆژان من لە بیری کارێکدا بووم ، ژنەکەم پێی‌وتم : ئەگەر ئەو شتەت ئاوا بکردایە ! پێم‌وت : تۆ حەقت چیە ؟ من بە تۆم نەوتوە کە قسە لە کاری مندا بکەی ! ئەویش وتی: ئەی عومەر تۆ چیت ! تۆ ناتەوێ ئێمە قسەیەکت لەگەڵا بکەین‌و حەفصەی کچت قسە لەگەڵ حەزرەتدا ئەکاو موناقەشەی لەگەڵا ئەکا هەتا ڕۆژێ تـا ئێوارە حەزرەت بە زویری‌و قارەوە ئەمێنێتەوە ؟!

لەوێدا عومەر هەستاو جلەکەی سەرشانی هەڵگرت‌و ڕای‌ئەکێشا ، تا ڕۆیشتە لای حەفصەو فەرمووی : کچم تۆ موناقەشە لەگەڵ حەزرەتا ئەکەی ؟ وتی : ئەرێ‌وەڵلا ئێمە موناقەشەی لەگەڵا ئەکەین • منیش پێم‌وت : تۆ ئەزانی کە من تۆ لە سزای خودا ئەترسێنم لە زویرکردنی پێغـەمەر • کچم ! بـا خۆشەویستی پێغەمەر لەگەڵتا تۆ بایی نەکا •

لەپاشا لەوێ دەرچووم ڕۆیشتم هەتا چوومە ماڵی (ام سلمە) چونکی خزمم بوو ، وە قسەم لەگەڵا کرد • ئەویش وتی : ئەی عومەر عەجـەبا تـۆ ئەکەویتە هەموو باسێکەوە ، هەتا ئەتەوێ خۆت بخەیتە ناوبەینی حەزرەت‌و خێزانەکانیەوە ! بە قسەکانی ئیقناعی کردم • وە هاوڕێیەکی ئەنصاریم بوو ئەگەر من دیار نەبوایەم ئەو هەواڵ‌و دەنگ‌وباسی بۆ ئەهێنام . وە ئەگـەر ئەو دیارنەبوایە من دەنگ‌وباسم بۆ ئەبرد • وە لەو سەردەمەدا لە پاشایێ لـە پاشاکانی (غسان) ئەترساین • وامان بیستبوو کە بە سوپاوە دێتە سەرمان‌و زۆر لێیان ئەترساین • تەماشامکرد ئەو هاوڕێ ئەنصارییەم دای لـە دەرگا ، وتم : بیکەرەوە ، بیکەرەوە ! جا وتم : غەسسانی هاتوەتە سەرمان ! وتی : شتێکی لەوە نابارتر ڕوویداوە ! حەزرەت کەناری لە خێزانەکانی گرتوە • منیش وتم : لووتی حەفصەو عائیشە بتەوسێتەوە • جا جلەکانم هەڵگرت تا

هاتم تەماشام کرد حەزرەت وا لە هۆدەیەکی باڵەخـانەدا بە پلەکانـە بۆی سەرئەکەوت • رەباحی غولامی حەزرەت لەسەر سەری پلەکانەکان بوو • پێم‌گوت بڵێ : ئەمە عومەری کوڕی خەطابەو ئیذنی دام ، منیش رۆیشتم باسەکەم بۆ حەزرەت گێڕایەوە تا گەیشتمە قسەکەی (ام سلمه) ، حەزرەت پێکەنی • لەو کاتەدا لەسەر حەسیرێ دانیشتبوو ، حەسیرەکە هیچی تری بەسەرەوە نەبوو ، سەرینێکی چەرمی لە ژێر سەرا بوو ناوەکەی لیفی خورما بوو • وە لە لای پێیا هەندێ بەری (عضا) رژابوو ، وە لە لای سـەریەوە چەن پێستێ هەڵواسرابوون ، تەماشام کرد شوێنی حەسیرەکە لە لاتەنیشتیا دیاری بووبوو • منیش دەستم‌کرد بە گریان • حەزرەت فەرمووی : بۆچی ئەگریت؟وتم :**ئەی پێغەمەری خودا کیسراو قەیسەر وان لەو پلەدا کە هەن!وە** تۆیش پێغەمەری خودایی‌و ئەمە حاڵتە کە ئەتبینین • ئەویش فەرمووی : ئایا رازی نابی ئەوان دنیایان بێ‌و ئێمە پاشەڕۆژ ؟

لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە ئەڵێ : عومەری کوڕی خەطاب وتی : خێزانەکانی حەزرەت کۆبوونەوەیان کردبوو لە غیرەت لەسەر حەزرەتا • منیش پێم‌وتن: (عسى ربه ان طلقكن ان يبدله ازواجا خيرا منكن) • لەسـەر ئەوە ئـەم ئایەتە هاتەخوارەوە :

(عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجاً خَيْراً مِنْكُنَّ : مُسْلِمَاتٍ . مُؤْمِنَاتٍ ، قَانِتَاتٍ ، تَائِبَاتٍ ، عَابِدَاتٍ ، سَائِحَاتٍ ، ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَاراً) (٥)

هیوا وایە ئەگەر تەڵاقتان بدا خودا لە باتی ئێوە چەن ژنێکی پێ‌بدا : فەرمانبەردارو ، ملکەچ بۆخوداو خاوەن باوەڕو بە دەوام لەسەر بەندەیی‌و، بەدەوام لەسەر رۆژوو ، لە بێوەژنان‌و لەکچان‌بن •

لەم ئایەتەدا دوو ریوایەت هەیە • یەکەم : حەزرەت ــ د ــ خواردنی هەنگوینی حەرامکردوە • دوەم : ئەمەیە کە مارییەی قیبطییەی حەرامکردوە•

لەسەر ریوایەتی یەکەم ئەبێ حەزرەت ســوێندی لەسەر نەخواردنی هەنگوین لە ماڵی فلاندا خواردبێ • بە گوێرەی ئایەتی : (قد فرض الله لكم تحلة ایمانكم) • واتە فەرموویە : وەڵلاهی ئیتر لەو ماڵەدا هەنگوین ناخۆم !

وە لەســـەر ریوایەتی دووهەم مادام حەرامکردنە کە رووی کردوەتە جارییەکەی خۆیو حەرامکردنی جارییە لە خواســتی ئینسان خۆیدایە •• ئەوە نەفسی (حرمتها علیّ) کەفارەتی سوێندی ئەوێو ؛ حــەزرەت لــە کەفارەتی ئەو قسەدا بەندەیەکی ئازادکردوە •

وە لە حوکمی ئەوەدا کە ئینسان بە ژنی خۆی بڵێ : (انت علی حرام) یا (حرمتك علیّ) گەلێ قسە هەیە • لە مەذهەبی ئیمامی شافیعیدا ــ خ ــ ئەگەر مەبەستی تەڵاق بێ تەڵاقێکی ریجعی پێ ئەکەوێ • وە ئەگەر مەبەستی ظیهار بێ ئەوە ظیهارەو کەفارەتی ئەکەوێتە سەر مادام کوتوپڕ ژنەکە تەڵاق نەدا • وە ئەگەر مەبەستی تەحریمی عەین بوو ئەوە حەرام نابێ بەڵام بە سوێند دائەنرێو ئەبێ کەفارەتی سوێندێ بدا •

وە پاش ئەوە کە حەزرەت ــ د ــ مارییەی لەسەر خۆی حەرامکردو بە حەفصەی فەرموو کە قسە بۆ کەس نەکاو ؛ ئەویش قسەی بۆ عائیشە کردو جوبرەئیل هەواڵی پێدا •• حەزرەت بیستونۆ رۆژ کەناری لە خێزانەکانی گرت ، پاش ئەوە حەزرەتی عومەر کەوتە ناو مەســەلەکەوە • وەکوو لــە ریوایەتەکەی بوخاریو موسلیمدا نووسیمان •

وە لە ریوایەتێ ترا عومەر ئەڵێ : کە من چوومە خزمەتی پێغەمەر ــد ــ نیشانەی رقو قار لە ناوچاویا دیاربوو • منیش وتم : پێغەمەری خودا تــۆ

بۆچی بەم مەسەلەی ژنانە زویر ئەبی ؟ ئەگـــەر تەڵاقتداون ئەوە خوداو مەلائیکەو جوبرەئیل‌و میکائیل‌و ، من‌و ، ئەبوبەکرو موسوڵمانەکانی تر واین لەگەڵتا • وە من چوومە مزگەوت‌و موسوڵمانەکان ئەیانوت:حەزرەت ژنەکانی تەڵاق‌داوە • جا ئایا تەڵاقت داون ؟ فەرمووی : نە تەڵاقم نەداون • وتم : دەی من بڕۆم خەبەریان بدەمێ کە حەزرەت ژنەکانی تەڵاق نەداوە ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەگەر ئارەزووت هەیە • ئیتر هەروا قسەم لەگەڵدا ئەکرد هەتا نیشانەو شوێنەواری رق‌وقار لەناوچاویا نەماو پێکەنی‌و نە هۆدەکەی هاتەخواردوە • منیش لە خزمەتیا هاتمەخوارەوەو عەرزم‌کرد : تۆ بیست‌و نۆ رۆژ لەم هۆدەدا ماویتەوە ! فەرمووی : مانگ بیست‌ونۆ رۆژیش ئەبێ • تا هاتم لە دەرگای مزگەوتا راوەســـتام‌و بە دەنگی بەرز بانگم‌کرد : حـــەزرەت ژنـــەکانی تەڵاق نەداوە •

(یا اَیُّها الَّذینَ آمَنُوا ! قُوا اَنْفُسَکُمْ واَهْلیکُمْ نـــاراً وَقُودُهَا النّاسُ والحِجارَةُ . عَلَیْها مَلائِکَةٌ غِلاظٌ شِدادٌ : لا یَعْصُونَ اللهَ ما اَمَرَهُمْ . ویَفْعَلُونَ ما یُؤْمَرُونَ (٦) یا اَیُّها الَّذینَ کَفَرُوا ! لا تَعْتَذِرُوا الیَوْمَ اِنَّما تُجزَوْنَ ما کُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) (٧)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا هێناوە ! نەفسی خۆتان بپارێزن بە وازهێنان لە تاوان‌و بە کردنی واجبیات • وە ئەهل‌و خێزانی خۆیشتان بپارێزن بە ئامۆژگاری‌و دەرس‌دادان لە ئاگرێ کە سووتەمەنییەکەی ئادەمیزادو بەردە • وە لێپرسراوی ئەو سزاو ئەو ئاگرە چەن مەلائیکەیەکە کە قسەیان زبرو کردەوەیان سەختە ، هەرگیز نافەرمانی خودا ناکـــەن‌و چییان پێ‌بوترێ جێ‌بەجێی ئەکەن‌و بەجێی دێنن •

وە ئەی کەسانێ کە کافرن ! عوزرو بیـانوو مەهێننەوە ؛ چونکی بیانوویەکی راستی واتان نیە سوودی ببێ • پاداشتان ئادرێتەوە بەوە نەبێ کە خۆتان ئەتانکرد •

(یا اَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا ! تُوبُوا اِلی اللهِ تَوْبَـةً نَصوحـاً • عَسی رَبُّکُمْ اَنْ یُکَفِّرَ عَنْکُمْ سَـیِّآتِکُمْ ، ویُدْخِلَکُمْ جَنّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِها الأنْهارُ ، یَوْمَ لا یُخْزِي اللهُ النَّبِيَّ والَّذِینَ آمَنُوا مَعَـهُ ، نُورُهُمْ یَسْـعی بَیْنَ اَیـدِیهِمْ وبِاَیْمانِهِمْ ، یَقُولُونَ : رَبَّنا اَتْمِمْ لَنا نُورَنا ، واغْفِرْ لَنا، اِنَّكَ عَلی کُلِّ شَيْءٍ قَدِیرٌ) (٨)

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمەری خودا کردوە ! تەوبـە بکەن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا بە گەڕانەوەیەکی پوخت‌و بێ توێکڵ (یەعنی تەوبەی نەصووح بە مەعنا تەوبەی راست‌و پوختە • بیست‌و سێ قسە لـە مەعنای تەوبەی نەصووحدا هەیە) هیوا وایە کە خودای ئێوە تاوانتـان بپۆشێ‌و بتانخاتە چەن بەهەشتێکی وەهاوە کە جۆبار لەژێریانەوە رەوان ئەبێ • لە رۆژێکا خودا پێغەمەری خۆی‌و ئەو کەسانە لەگـەڵیا باوەڕیان کردوە رسوایان ناکاو ، پڕتەوی ئەوان شووڵە ئەداتەوە لە بەردەمیاناو ، لـە لای راستیانەوەو ، لە کاتی رابوردنیان بەسەر پردی صیراطا • وە لەو کاتەدا لەبەر شادمانییان بەو رووناکییە لە خودا ئەپاڕێنەوەو ئەڵێن : پەروەردگارا ! ئەم پڕتەوو رووناکییە کە پێتداوین بۆمان تەواو بکە • واتە یا زیادی بکە ؛ وە یا درێژە بە مانەوەکەی بدە هەتا ئەگەین بە شوێنی خۆمان لە بەهەشتا ، وە تاوانەکانمان ببەخشە • بە راستی تۆ تەواناو بەسەر هەموو شتێکدا •

(یا ایُّها النَّبِيُّ ! جاهِدِ الکُفَّارَ والمُنافِقِینَ ، واغلُظْ عَلَیهِمْ ، ومأْواهُمْ جَهَنَّمُ وبِئْسَ المَصِیرُ) (٩)

ئەی پێغەمەری رەهبەر ! جیهاد بکە بە چەك لەگەڵ کافرانو مونافیقاناو، زبریو هەیبەتیان لەگەڵا بەکاربێنە ؛ وە ماواو شوێنی ئەوانە دۆزەخەو . دۆزەخ شوێنێکی زۆر خراپە •

(ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً لِلَّذِینَ کَفَرُوا:امرَأَةَ نُوحٍ . وامْرَأَةَ لوطٍ . کانَتَا تَحْتَ عَبْدَیْنِ مِنْ عِبادِنَا صَالِحَیْنِ ، فَخانَتَاهُمَا ، فَلَمْ یُغْنِیا عَنْهُما مِنَ اللهِ شَیْئاً . وقِیلَ : ادْخُلا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِینَ) (١٠)

خودا باسی وێنەیەکی بۆ کافران کردوە کە برێتییە لە ژنی نوحو ژنی لوط ؛ ئەمانە لە ژێر دوو بەندەی راساڵ لە بەندە پاکە تایبەتییەکانی مندا بوون ، کەچی خەیانەتیان لێ‌کردن بە لایەنگرتنی ئەو کافرانەو ؛ گێرانەوەی نهێنییەکانی نووحو لووط بۆیان • وە بە دووڕوویی‌و نیفاقکاری لەگەڵ هاوڕێکانیانا . لە پاشان خودا قاری لێ‌گرتن‌و نووحو لووط هیچ سوودێکیان بۆ ئەوان نەبوو ، بەمە کە چاری مەینەت‌و سزایان بۆ بکەن‌و هیچ بارێکیان لەسەر ئەوان پێ‌لانەبراو . لەگەڵ کافرەکاندا بەر سزای قاری خودا کەوتن‌و ؛ فریشتەی سزا پێی‌وتن : یاڵلاّ بڕۆنە ناو ئاگری دۆزەخەوە لەگەڵ ئەوانەدا کە بڕیار دراوە بڕۆنە ناوی •

(وضَرَبَ اللهُ مَثَلاً لِلَّذِینَ آمَنُوا : امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ • إِذْ قالَتْ : رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَیْتاً فِي الجَنَّةِ ؛ ونَجِّنِي مِنْ

فِرْعَوْنَ وعَمَلِهِ ؛ ونَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (١١) ومَرْيَمَ ابْنَةَ عِمْرَانَ الَّتِي احْصَنَتْ فَرْجَها فَنَفَخْنا فِيهِ مِنْ رُوحِنا، وصَدَّقَتْ بِكَلِماتِ رَبِّها وكُتُبِهِ ، وكانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ) (١٢)

وه خودا ناوی وێنەیەکی بردوە بۆ ئەوانە کـە باوەڕیان بـە خوداو پێغەمەری خودا کردوە • وێنەکەیش ئەمەیە : ئاسییەی کچی مەزاحیم ژنی فیرعەون لەو کاتەدا کە لە خودا پاڕایەوەو عەرزی‌کرد : پەروەردگارا!رزگارم بکە لە کوفری فیرعەون • واتە دڵم لەسەر ئیمان دامەزرێنە تا بە کوفری ئەو دڵم رەنگ نەگرێ‌و ؛ لە عەمەڵو موباشەرەی فیرعەون رزگارم بکە هەتا نەتوانێ وەکوو پیاوان رەفتارم لەگەڵا بکا • وە لەو گەلە ستەمکارە رزگارم بکە کە قیبطییەکانی دەستەی فیرعەونە ؛ تا خوو بە رەوشت‌و ئادابی ئەوانەوە نەگرم •

هەروەها ئەو پەندە بریتییە لە مەریەمی کچی عیمران ؛ ئـەو ژنێکی وەهابوو کە (ئەدەب)ی خۆی لە حەرام پاراست ، جـا ئێمـە جوبرەئیلی (روح الامين) مان ناردەسەری‌و ، لە لایەنی ئەو رۆحەوە کە ناردبوومـان فوویەکمان پیاکردو سکی بوو بە عیسا • وە ئەو مەریەمە باوەڕی کرد بەو چەن کەلیمەیە کە لە لایەنی جوبرەئیلەوە بیستی ؛ وەکوو ئەوە جوبرەئیل وتی : (انما انا رسول ربك لاهب لك غلاما زكيا) و فەرمووی بە مەریەم : **(كذلك قال ربك هو على هين ، ولنجعله آية للناس ورحمة منا وكان امـرا مقضيا) • وە مەریەم دڵی بەم قسانی جوبرەئیلە دامەزراو باوەڕی کرد کـە** ئەوە فریشتەی خودا بێ •

وە هەم باوەڕی بوو بەو کتێبانە کـە خودا ناردبوونی بۆ ســـەر پێغەمەرەکان لە ئادەمەوە هەتا خاتەم ، وە مەریەم لە (قانتين) بوو • واتە :

لەوانە بوو کە بەندەیی بۆ خودا ئەکەن‌و لە ژمارەی خاوەن تاعەتە بەرزەکانا ژمێررا • وە خۆیشی لە نەتەوەی هاروونی برای حەزرەتی مووسا بو ـ د ـ هەرچەن ماوەی مابەینیان زۆر بوە •

دەگێڕنەوە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : گەلێ کەس لە پیاوان بە پایەی کەمال گەیشتوون . بەڵام لە ژنانا هەر چواریان بەو پایە گەیشتوون : ئاسییەی کچی مەزاحیم • مەریەمی کچی عیمران • خەدیجەی **کچی خووەیلید • فاطیمەی کچی فەخری عالەم ـ د ـ • (وفضل عائشة** علی النساء کفضل الثرید علی سائر الطعام) •

وە لەم ئایەتانی کۆتایی سوورەتی تەحریمەدا ئاگادارکردنەوەی ژنانی خانەدانە گەورەکان هەیە ، **بە تایبەتی لە خانەدانی ریسالەتا بە تایبەتی عائیشەو** حەفصە لەسەر ئەوە کە واجبە ئینسان بایی نەبێ بە هاودەمی‌و هاوسەری‌و هاورێتی پیاوانی گەورە تەنانەت پێغەمەرانیش ؛ چونکە ئەگەر دڵی هەرکەسێ (بالذات)و لە خۆیەوە روو نەکاتە زاتی خوداو بە دڵ لەگەڵ طاعەتا ئامادەی بەندەیی خودا نەبێ‌و ، موراقەبەی خۆی نەکا ناگا بە نیشانەی راستی لە نان‌و پایەی رەزای خودادا •

جا هاوار ئەکەم پیرانی عەزیز
برایانی گەنج بە روشدو تەمییز
خوشکانی پاکی دەست‌و داوێن‌پاك
کچانی چاکی خاوەن بارەی چاك
هیچ کەس نەنازێ بە پایەی خۆیا
یاخود بە مایەو بە عەطرو بۆیا
ئەوەی بە سوودە بۆ هەردوو دنیا
ئیمانەو عەقڵەو رەوشتی وریا

هــەر بە رەوشتە لە شارو لە دەشت
ئەوەی سبەینێ ئــەڕوا بــۆ بەهەشت
ئوممەت ئەخلاقە کــە ئەخلاق نەمــا
نامێنێ حورمەت لــە عەرزو ســەما
(نامی) هەر رجای ئەمەیــە لێتــان
کــە بەرزی ئەخــلاق بمێنێ پێتــان

سوورەتی (مولك) لە سوورەتە مەكەییەكانە ، سی ئایەتە ، دوای سوورەتی (طور) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(تَبارَكَ الَّذي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) الَّذي خَلَقَ الْمَوْتَ والحَياةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً ، وهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ) (٢)

گەورەیی‌و پایەی بەرزخوویی بۆ ئەو خودایە كە سەرۆكایەتی‌و گەورەیی‌و دەستەڵات بەسەر كائیناتا لە هەردوو جیهان بە دەستی ئەووەیەو ئەو خودایە تەوانایە بەسەر هەموو شتێكدا • ئەو خودایەكی وەهایە مردن‌و ژیانی دروستكردوە بۆ ئەوە لە ماوەی ژیانا بەراوردی بیروباوەڕو، كردەوەتان بكاو دەربكەوێ كامتان لە هەموو كەسێ جوانترن لە كردەوەدا• وە خودا خاوەن عیززەتە دەستی ئەڕوا تۆڵە لە تاوانباران بسێنێ‌و ، **تاوانبەخشە بۆیە هەندێ ئەبەخشێ‌و سزای هەندێكیش دوائەخا تا كاتی خۆی •**

زاناكان ئەڵێن : (موت) بریتییە لە (عدم الحیاة)و شتی عەدەمی خەلق‌و ئیجاد رووی تێ ناكا • وە بۆ وەڵامی ئەمە بازێ وتوویانە : خەلق بە مانا تەقدیرە ، وە مردن هەرچەن عەدەمی بێ هەر موقەددەرەو مەعلوومەو لە لایەنی خوداوە بڕیاردراوە•

وە هەندێ وتوویانە : شتی عەدەمی هەرچەن لە وجوودی مەحسوولی، واتە لە بوونی زاتی خۆیا پێویستی بە خەلق و ئیجاد نیە بەڵام لە کردنی هەر رۆحێ بە مەحەل بۆ پەیوەندی مەوت موحتاجە بە خەلق • بـەڵام زانایان فەرموویانە : دەلیلێکی قەطعی لەسەر ئەوە نیـە کـە مەوت عـەدەمی بێ هەڵئەگرێ شتێکی وجوودی بێ لە بەرانبەری حەیاتەوە ؛ وەکوو (بـا) لە بەرابەری (چرا) وە ، وەکوو چۆن رووناکی چرا بە با ئەکوژێتەوە وەها ژیانی گیانلەبەریش بەو مردنە کە هێزێکی موعاریضی ژیان بێ بەرباد ئەبێ •

(الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً ، ما تَرى فِي خَلْقِ الرَّحْمانِ مِنْ تَفَاوُتٍ ، فَارْجِعِ البَصَرَ هَلْ تَرى مِنْ فُطورٍ ؟(٣) ثُمَّ ارْجِعِ البَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ البَصَرُ خاسِـئاً وهُوَ حَسِيرٌ) (٤)

خودا خاوەن تەوانایەکی وایە حەوت ئاســمانی چین لەســەرچین دروستکردوە ، بەهیچ جۆرێ لە ئیجادو ئینشاو کاری خودادا جیاوازی بـە کەم و زۆری و چاك و خراپی نابینی • چاو بگێڕە بە دنیادا ئایا هیچ کـەم و کوورِییەك لە مەخلووقاتی خودادا ئەبینی ؟ پاش ئەوە جارێکی تـر چـاو بگێڕەرەوە بۆ ئاسمانەکان هەتا چاوت کارئەکاو ، تەماشای ئەستێرەکان بکە ئایا جیاوازی ئەبینی ؟ هەرگیز هیچ نـاتـەواوی و عەیب نابینی و چاوت بـە ماندوێتی و بێهێزی و پەككەوتوویی ـ لەبـەر بێسـوودی تەماشاکەی ـ دێتەوە بۆ لات •

(ولَقَدْ زَيَّنَّا السَّماءَ الدُّنْيا بِمَصابِيحَ ، وجَعَلْناها رُجُوماً لِلشَّياطِينِ ، واَعْتَدْنا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ) (٥)

واتە : پاش ئەوە کە زانیتان حەوت ئاسمانمان دروستکردوە ئاسمان لە ژوورئاسمانەوە • بزانن ئاسمانی زۆر نزیك لە ئێوەمان بە چەن چرایێ جوانکردوە ، وەکوو چۆن ئێوە شوێن‌و ماڵەکانی خۆتان ئەڕازێننەوە بـە چراو ئەیانکەن بە چراخان ؛ ئێمەیش ئاسمانی یەکەم کە نزیکەکەیانە وا بـە چرای ئەستێرەکان رازاندوومانەتەوە، بەڵام جیاوازی لە نێوان چراو سەرای ئێمەو چرای ئەستێرەو ئاسمانی بەرزی خودادا زۆرە •

وە ئەو ئەستێرانەمان کردوە بە هۆی رەجم‌و دەرکردن بۆ ئـــەو شەیتانانە کە ئەیانەوێ بە ئاسمانەکانا سەرکەون‌و رازو نیـازی فریشتەی ئاسمان ببیسن‌و وەریبگرن‌و بیبەنەوە بۆ ســـەر زەوی‌و بیانخەنە دڵی کاهینەکان‌و ئەوانیش بە خەیاڵی خۆیان چەن شتی تری تێکەڵ بکەن‌و بڵاوی بکەنەوە بە دنیادا •

وە ئێمە لە پاشەڕۆژا سزایەکی سەختی ئاگری بڵێسەداری دۆزەخمان بۆ ئەو شەیتانانە ئامادەکردوە •

جا بزانن لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە:

باسی یەکەم : ئەستێرەکانی ئاسمان سوودیان زۆرە لەوانە :

١ ــ ئەمەیە کە خودا ئاسمانی پێ جوان کردوون •

٢ ــ ئەمەیە کە لە شەوانا ئەبن بە هۆی رووناکی جیهان ؛ بۆیە ئەگەر هەوری زۆر بێ‌و مەنعی رووناکی ئەستێرەکان بکا دنیا هەمووی تاریـك ئەبێ •

٣ ــ بە هۆی هەڵهاتن‌و ئاوابوونی ئەو ئەستێرانەوە جیاوازی لە نێوان وەرزەکاندا پەیدا ئەبێ‌و گۆڕانیان تێدا رووئەدا لەسەرماو گەرمـا بـەو

ئەندازە کە خودا دروستی کردوە لە مادەی ئەوانا لە هێزی گەرماو سەرماە وە یاخود هەر هەڵهاتنەکەیان نیشانەیە بۆ نزیكو دووری رۆژ لە خـەتی راسەر • وەکوو لەبەر چاوی ئەوانەدا دیارە کـە ئاگایان لـە جموجووڵی مەدارەکانی رۆژە •

٤ ـ ئەمە کە ئەو ئەستێرانە بۆ کەسانێ شـــارەزای کاتی هەڵهاتنو ئاوابوونیان بن ئەبن بە نیشانەی گەلێ شـــت ، وەکوو : خۆرهەلاتو ، خۆرنشینو ، باکوورو ، باشوورو ، وەکوو کەمو زۆری مانەوەی وەرزی کشتوکاڵ • وەکوو وەزعی دەریاگەردیو کەشتی رانی ، بێجگە لـەوە کە نیشانەن بۆ گۆڕانی هەوای دنیا بە گەرماو سەرما ، وە بـە یاســـای ئەستێرەناسەکان نیشانەو بەڵگەن بۆ هەندێ رووداو لە بارانو بەفرو تەرزەو وەیشومە ••• یا جەنگو کۆکیو هێمنی لە دنیادا ، بەڵام بە شێوەی رەوا کە بە قەرینە دابنرێن • وە ناسینی طالیعو ناوچاوی منداڵ کە لە دایك ئەبن ••• ئەمانە ئەگەر بە شێوەی قەرینەی خوداکردوو تەماشا بکرێن •

باسی دوەم : دوو رەخنە لەم ئایەتە گیراوە :

یەکەم : لە رۆژێـکەوە مێژووی جیهان نووسراوە تا ئیمرۆ ئەستێرەکێشی لە ئاسمانا بوە • ئیتر موناسەبە چیە بکرێ بە هۆی رەجمی شـەیاتین لـە وەرگرتنی ئەخباری مەلائیکە هەتا کەهانەت کز ببێو پەیامی حەزرەت وەحی مەحفووظ بێ لە دەستێوەردانو خراپەکردن تیایا ؟

دوەم : ئەگەر مەبەس لە (مصابیح) ئەستێرەکانی ئاسمانە ئەبوا بەو هەموو رەمیو رەجمە ئەستێرەی ئاسمان زۆر کەم ببوونایەتەوەو بە هۆی جیابوونەوەی بەشو پارچە لەو ئەســـتێرانەوە ئەستێرەکان بچووك بوونایەتەوە •

وه ئه‌گه‌ر مه‌به‌س ئه‌و ئه‌ستێرانه نیه بۆچی باسی ئه‌وه نه‌كراوه كه ئه‌وانه چین‌و چۆنن ؟

وه‌ڵامی ره‌خنه‌ی یه‌كه‌م ئه‌مه‌یه : له قورئانی پیرۆزا ته‌صریح نیه به‌وه كه ئه‌و ره‌جمی شه‌یتانانه هه‌ر له زه‌مانی حه‌زره‌تی پێغه‌مه‌ره‌وه بوه ، هه‌ڵئه‌گرێ هه‌ر له‌و رۆژه‌وه په‌یام كه‌وتوه‌ته سه‌رزه‌وی‌و ، مه‌لائیكه له ئاسمانا بوون‌و ، شه‌یاتین له سه‌رزه‌ویدا بوون له هه‌موو چه‌رخێكا كه شه‌یاتین هه‌وڵی ئه‌وه‌یان دابێ كه سه‌ركه‌ون بۆ ئاسمان‌و گوێ له وتاری مه‌لائیكه بگرن بۆ ئه‌وه كه له‌گه‌ڵ درۆو ده‌له‌سه‌ی خۆیانا تێكه‌ڵی بكه‌ن‌و نیشانی كاهینه‌كانی بده‌ن بۆ ئه‌وه خراپه‌و به‌دی به جیهانا بڵاوبكه‌نه‌وه ... ئه‌و ره‌جمه بووبێ . به‌ڵێ له سه‌رده‌می حه‌زره‌تی محه‌مه‌دا له‌به‌ر ئه‌وه كه دینه‌كه‌ی بۆ هه‌موو جیهانه زۆرتر له هه‌موو دینه‌كان ئه‌و هه‌وڵه‌ی بۆ دراوه‌و ره‌جمیش بۆ ئه‌و شه‌یتانانه زۆرتر بوه .

وه وه‌ڵامی ره‌خنه‌ی دووهه‌م ئه‌مه‌یه : ئه‌وه په‌سه‌ند ئه‌كه‌ین كه مه‌به‌س له (مصابیح) ئه‌ستێره‌كانی ئاسمانه‌و ره‌جمه‌كه‌یان به داكه‌وتن‌و ده‌رچوونی خودی خۆیان یا به‌شێ له‌وان نیه ، به‌ڵكو ئه‌و ره‌جمه به بڵێسه‌و چه‌خماخه‌یه بوه كه هه‌رگیز زیان به ماده‌ی ئه‌ستێره‌كه نه‌گا . وه له قورئان‌و حه‌دیثا نیه كه ئه‌و ئه‌ستێره‌كێشیه هه‌ر بۆ ره‌جمی شه‌یاتینه ، ئه‌گونجێ گه‌لێ هۆی تر بێ بۆ ئه‌و ره‌جمه ، به‌ڵام زۆر بایه‌خ به مه‌سه‌له‌ی ره‌جمی شه‌یاتین دراوه له‌به‌ر چاودێری وه‌حی قورئان كه بزانن به سه‌لامه‌تی دینی خۆیان وه‌رگرن به بێ تێكه‌ڵبوونی وه‌سوه‌سه‌و ختووكه‌ی شه‌یتانه‌كان .

وه فه‌خری رازی له ته‌فسیره‌كه‌یا له باسی ئه‌م ئایه‌ته‌دا ئه‌فه‌رموێت : هه‌ندێ فه‌رموویانه : مه‌به‌س له (مصابیح) ئه‌و گڕانه‌یه كه له ئاسمانه‌وه ئه‌كشێن‌و له‌سه‌ر شێوه‌گه‌لی جیاجیا رووئه‌ده‌ن‌و ، هه‌ندێكیان ماوه‌یه‌كی

زۆر یا چەن مانگ لە ئاسمانا ئەمێننەوە ، وە ئەوانە بە (نیازك) ناسراون ، وە هۆی پەیدابوونەکەیشیان ئەمەیە بوخارو تەم‌و مژی وشك سەرئەکەوێ بۆ ئاسمان‌و لە هەواوە تووشی گەرمایەکی زیاد ئەبێ‌و هەڵئەگیرسێ ، خودایش بۆ ئەوە ئەمە ئەکا بۆ دەفعی ئەو شەیتانانەو بۆ چەن هۆیەکی ترو چـــەن حیکمەت‌و مەبەست کە خۆی ئەزانێ •

بەکورتی : ئەوەی کە زانراوە ئەمەیە کە خودا لە راسەری ئێمەدا بـــە ئاسمانەوە چەن ئەستێرەمان نیشان ئەدا وەکوو چرا وەهـــان ، وە خودا بڵێسەی ئاگری هەندێ لەو ئەستێرانە ئەکا بە هۆی رەجمی شەیاتین‌و لەوانەیە بین بە هۆی چەن شتێکی ترو ئێمە نەیانزانین • (وما اوتیتم من العلم الا قلیلا) •

وە هەندێ لە مانای (وجعلناها رجوما)دا فەرموویانە : ئەو ئەستێرانە وەکوو چرا وەهان‌و کردوومانن بە جێگەی گومانکاری‌و خەیـاڵ بازی بۆ ئەو ئەستێرەناسانە کە ئاثارو رووداو ئەدەنە پاڵ ئەستێرەکان‌و ، سزایەکی سەخت‌و بڵێسەداری ئاگری دۆزەخمان بۆ ئامادەکردوون •

(وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (٦) اِذا اُلْقُوا فِيها سَمِعُوا لَها شَهِيقاً وَهِيَ تَفُورُ (٧) تَكادُ تَمَيَّزُ مِنَ الغَيْظِ ، كُلَّمَا اُلْقِيَ فِيها فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُها : اَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ؟ (٨) قَالُوا : بَلى قَدْ جاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا: ما نَزَّلَ اللهُ مِنْ شَيْءٍ ، اِنْ اَنْتُمْ اِلاّ فِي ضَلالٍ كَبِيرٍ ! (٩) وَقَالُوا : لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ اَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي اَصْحَابِ السَّعِيرِ (١٠) فَاعْتَرَفُوا بِذَنْبِهِمْ ، فَسُحْقاً لِأَصْحَابِ السَّعِيرِ !) (١١)

وه هه‌یه بۆ ئه‌وانه كه كافربوون به خودای خۆیان سزای دۆزه‌خ‌و دۆزه‌خ جێگه‌یه‌كی زۆر ناباره • كاتێ ئه‌و كافرانه ئه‌خرێنه ناو دۆزه‌خه‌وه ده‌نگێكی وه‌كوو ئاوازی ناسازی كه‌ر له ناو دۆزه‌خه‌وه ده‌بیسن • وه لــه هه‌مان‌كاتا له‌وانه‌یه دۆزه‌خ كه ئه‌كوڵێ‌و بڵق ئه‌دا له‌وانه‌یه له یه‌ك جیابێته‌وه‌و له‌قارا • وه به درێژایی كات هه‌ر كاتێ كۆمه‌ڵێ له تاوانبارانی شیاوی سـزا ئه‌خرێنه ناو دۆزه‌خه‌وه پاسه‌وان‌و ده‌رگاوانانی دۆزه‌خ پێیان‌ئه‌ڵێن : ئـایـا ره‌هبه‌رو پێغه‌مه‌ر نه‌هاتن بۆ لاتان هه‌تا له سزای ئه‌م رۆژه‌تان بترسێنن ؟ ئه‌وانیش ئه‌ڵێن : به‌ڵێ ترسێنه‌ر هات بۆ لامان ، به‌ڵام ئێمه باوه‌ڕمـــــان پێ‌نه‌كردن‌و وتمـــــان : حاشا ! خودا كه‌سی ره‌وانه‌نه‌كردوه‌و ، ئێوه له گومڕاهییه‌كی گه‌وره‌دان • وه وتیان: ئه‌گه‌ر خواستمان ببوایه‌و بسان‌ویستایه به گوێ شت ببیسین‌و به دڵ شت وه‌ربگرین‌و ، به چاوی رووناك ته‌ماشای جیهانمان بكردایه‌و ، ئه‌م دروستكراوانه‌مان بكردایه به هۆی رووكردن له حه‌ق ، وه یا به عه‌قڵی ژیرانه بیرمان له‌م شوێنه‌واره جوانه سه‌رسوڕهێنه‌رانه بكردایه‌ته‌وه كه نیشانه‌ی ده‌سته‌ڵات‌و ته‌وانای په‌روه‌ردگارن •• سه‌رپێچیمان له فه‌رمانی خوداو پێغه‌مه‌ری خودا نه‌ده‌كردو ، تاوامان به‌سه‌ر نه‌ده‌هات‌و ، دووچاری سزای دۆزه‌خ نه‌ده‌بووین‌و ، ئه‌مه جێگه‌مان نه‌ده‌بوو • ده‌ی بـا هه‌ر دووری‌و دووركه‌وتنه‌وه به‌شی ئه‌وانه بێ كـــه خۆیـان چوونه ژێر تاوانباری خۆیان‌و دانیان به تاوانباریدا نا • چونكه هه‌ل‌و ماوه‌یان له ده‌ست خۆیان دا •

(إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ(١٢) وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّـــدُورِ (١٣) أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَـقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ

الخَبِيرُ ؟ (١٤) هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ ذَلُولاً ، فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا ، وكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ ، وإِلَيْهِ النُّشُورُ) (١٥)

بەراســـتی ئەو کەســـانە کە لە پەنامەکیــدا لە خودا ئەترســـن ؛ واتە بە بێ ئەوە کە کەس دیار بێو شەرم لە کەس بکەن شـــەرم لە خودای خۆیان ئەکەنو خۆیان لە تاوانی گەورە ئەپارێزن •• ئەوانە لـــە لایـــەنی خوداوە چاوپۆشیو تاوانبەخشی گەورەیان بۆ هەیە لەوانـــەی پێی گیرۆدە بوونو دووچاری بوونو ، لەگەڵ ئەوەیشدا پاداشێکی گەورەیان هەیە •

وە بزانن خودا ئاگای لە هەموو وتارو کردارێکە ، جیاوازی لە نێوان ئاشکراو پەنامەکیدا لە لای خودا نیە ، قسەکاتتان بە ئاشکرا یا بە پەنامەکی بکەن وەك یەکن • زیاد لەوەی وتەی پەنامـــەکیو ئاشـــــکرا لای خودا چون یەکن خودا نیازو خەیاڵەکانی ناو دڵو دەروونیش ئەزانێ • چۆن بـــە پەنامەکیو ئاشکرا نازانێ کەسێ کە خۆی زاتو صیفاتی دروستکردوەو ، دەنگی پەنامەکیو ئاشکرا دروستئەکاو ، ئـــەو خودایە (لطیف)ە هیچ پەردەیەك لە بەرانبەری ئەوەوە نیەو ئاگاداری هەموو کارو باری جیهانە ؟

خودا خودایەکە ئەم زەوییەی بۆ رام کردوون ، جا بـــە شـــانەکانیا بڕۆنو تێکۆشن بۆ پەیداکردنی رۆزی لەوانا ، خواه لە کانە ، یا لە کشتوکاڵە، یا لە گیاو گوڵی کوێستانە ، وە ئاگاتان بێو بزانن چۆن کار ئەکەن ؛ چونکە دواجار بۆ لای ئەو خودا ئـــەگەڕێنەوەو گـــەڕانەوەتان بۆ لای ئـــەوەو پرسیارتان لێ ئەکا لەوەی کردووتانەو ئەیکەن •

(أأمِنْتُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ أَنْ يَخْسِفَ بِـــكُمُ الأَرْضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ؟ (١٦) أَمْ أَمِنْتُمْ مَنْ فِي السَّماءِ أَنْ يُرْسِلَ

عَلَيْكُمْ حاصِباً فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ؟ (١٧) وَلَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ كانَ نَكِيرِ ؟ (١٨) أَوَلَمْ يَرَوْا إِلى الطَّيْرِ فَوْقَهُمْ صافّاتٍ وَيَقْبِضْنَ ما يُمْسِكُهُنَّ إِلاَّ الرَّحمانُ ؟ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ (١٩) أَمَّنْ هذا الَّذِي هُوَ جُنْدٌ لَكُمْ يَنْصُرُكُمْ مِنْ دُونِ الرَّحْمانِ ؟ إِنِ الكافِرُونَ إِلاَّ فِي غُرُورٍ (٢٠) أَمَّنْ هذا الَّذِي يَرْزُقُكُمْ إِنْ أَمْسَكَ رِزْقَهُ ؟ بَلْ لَجُّوا فِي عُتُوٍّ وَنُفُورٍ) (٢١)

ئایا ئێوه ئه‌مینن له ده‌سته‌ڵاتو ته‌وانایی ئه‌و خودایه كه شوێنه‌وارو نیشانه‌ی گه‌وره‌یی ئه‌و له دنیادا ئاشكرایه ؟ ئه‌مینن له‌وه كه به زه‌مینا بتانباته خواره‌وه‌و ونتان‌بكاو پاش ئه‌وه زه‌وییه‌كه‌یش گێڵو گێژتان پێ بدا ؟ یاخود له‌وه ئه‌مینن كه ئه‌و خودایه وا له ئاسمانا ورده‌به‌ردتان به‌سه‌را ببارێنێو جـا له‌مه‌ولا ئه‌زانن ئه‌م ترساندنی منه چۆنه ، ئه‌گه‌ر سزاو تۆڵه‌تان بۆ هات ؟ وه به راستی گه‌لێ كۆمـه‌ڵ لـه‌وانه له پێش ئێوه‌دا بوون پێغه‌مه‌رانیـان به‌درۆخسته‌وه ، جا ئه‌زانن ئینكاری من بۆ ئه‌وان چۆن بوو ؟

ئایا ته‌ماشا ناكه‌نو ناڕوانن بۆ په‌له‌وه‌ره‌كان كه وان به راسه‌رتانه‌وه ، كاتێ كه باڵه‌كانیان رائه‌خه‌نو ئه‌یانده‌نه‌وه به‌یه‌كدا بێجگه له خودا كه‌س له ئاسماندا رایان‌ناگرێ ؟ بێگومان ئه‌و ئاگای له هه‌موو شتێكه‌و هه‌موو شتێ ئه‌بینێ .

یاخود ئه‌وه كێیه ئه‌بێ به یارمه‌تیده‌رو سوپای ئێوه بێجگه له خودا ؟ دیاره خودا نه‌بێ كه‌س نیه‌و ، هه‌ر ئه‌و یارمه‌تیده‌ری راسـتیو هـانای مۆسوڵمانانه . كه وایه كافره‌كان هه‌ر وان له لادانو بایی‌بوونا .

یاخود ئه‌و كه‌سه كێیه كه رۆزی ئێوه ئه‌دا ، ئه‌گه‌ر ئه‌و خودایـه

رۆزییەکەی خۆیتان لێ‌بگرێتەوە ؟ نەخەیر ئەم ئادەمیزادە بێ‌دینانە داچوونو ڕۆچوون بە ســتەمو فیزو دەماری نەفسو راکردنو دوورکەوتنەوە لــە وەرگرتنی حەقدا •

(اَفَمَنْ يَمْشِي مُكِبّاً عَلى وَجْهِهِ اَهْدى اَمَّنْ يَمْشِي سَوِيّاً على صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ؟) (٢٢)

ئایا کەسێ بە کەوتوویی بە لەپەڕوودا بڕوا بە سەر زەویدا رێگــە باش ئەبڕێو چاك ئەڕوا ، یا کەسێ کە قنجو قیت بــە پێوە بە رێکی بــە رێگەیەکی راستا بڕوا ؟

(قُلْ : هُوَ الَّذِي اَنشَأَكُمْ وجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ والأفْئِدَةَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ (٢٣) قُلْ : هُوَ الَّذِي ذَرَاَكُمْ فِي الأَرْضِ وإلَيْهِ تُحْشَرونَ (٢٤) ويَقُولُونَ : مَتى هَذا الوَعْدُ اِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ؟(٢٥) قل : اِنَّما العِلْمُ عِنْدَ الله واِنَّما اَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٢٦) فَلمَّا رَأَوْهُ زُلْفَةً سِيئَتْ وُجُوهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وقِيلَ : هذا الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تَدَّعُونَ) (٢٧)

ئەی رەهبــەر پێیان‌بڵێ : خودا خودایــەکە ئێوەی لــە نەبوون دروست‌کردوەو هێزی بیستن‌و بینین‌و دڵی بیرکردنەوەی بۆ دروست‌کردوون، کەچی لەگەڵ ئەوەدا ئێوە کەمێ جار سوپاسی خودا ئەکەن •

تۆ بڵێ : خودا ئەو خودایە کە ئێوەی بە زەویدا بڵاوکردوەتەوەو لــە پاشەڕۆژیشا بۆ لای ئەو گردئەکرێنەوە • وە ئەو کافرانە ئەڵێن : کەی کاتی ئەو وەعدەی ئێوە بە نەشرو حەشرە دێ ئەگەر ئێوە راست‌وتارن ؟ تۆ بڵێ :

زانستی بێ‌گومان لە لای خودایە • وە من هیچ نیم ترسێنەرێکی سزانوێن نەبێ ، کە سزاو تۆڵەی تاوانباران‌و خراپەکار بۆ خەڵك بەیاندەکەم • جا کاتێ کافرەکان ئەو سزایانە دی رەنگیان ترش‌و تاڵ‌و خراپ ئەبێ‌و ، پێیـان ئەوترێ : ئەم سزا ئەوەیە کە خۆتان زوو پەلەتان بۆ ئەکرد •

(قُلْ : أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَهْلَكَنِيَ اللَّهُ وَمَنْ مَعِيَ . أَوْ رَحِمَنَا فَمَنْ يُجِيرُ الْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ؟ (٢٨) قُلْ : هُوَ الرَّحْمَانُ آمَنَّا بِهِ ؛ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا ، فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ! (٢٩) قُلْ : أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاؤُكُمْ غَوْراً فَمَنْ يَأْتِيكُمْ بِمَاءٍ مَعِينٍ ؟) (٣٠)

تۆ بڵێ : ئاگادارم‌بکەن ئەگەر خودای تەعالا من‌و ئەوانەی وان لەگەڵما هەمووومان لەناوبەرێ ؛ یاخود بەزەیی پێماندا بێتەوەو چاکـەمان لەگەڵدا بکات •• ئەی کێ کافرەکان لە سزای سەخت رزگار ئەکات ؟

تۆ بڵێ : ئەو رزگارکەرە هەر خودای میهرەبانە ؛ باوەڕمان پێ‌کردو پشت‌و پەنامان هەر ئەوەو ، هاناو هاوار بۆ لای ئەو ئەبەین ، جـا ئێوە لەمەولا ئەزانن کێ وا لە ناو گومڕاهی ئاشکراو دیاریدا !

تۆ بڵێ : هەواڵم پێ‌ئەدەن ئەگەر ئەو ئاودی ئێوە وان بەسەریەوە ئەگەر لـە سبەینێیەکدا بـە زەویدا رۆچوە خوارەوە ئـەوە کێیـە ئاوێکی زەلاڵی گەواراتان بۆ بێنێت ؟ جا کـاتێ ئەمەت خوێنـدەوە بڵێ : (الله ربنـا ورب العـالمين) •

سووره‌تی قه‌له‌م ، له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، ئایه‌ته‌كانی ١٧ هه‌تا سی‌وسێ‌و ئایه‌ته‌كانی چل‌و هه‌شت هه‌تا كۆتایی ئایه‌تی ٥٠ نه‌بێ ، ٥٢ ئایــه‌تــــه ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ! (١) ما اَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ
بِمَجْنونٍ (٢) وَإِنَّ لَكَ لَأَجْراً غَيْرَ مَمْنونٍ (٣) وَإِنَّكَ لَعَلى
خُلُقٍ عَظِيمٍ(٤) فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ(٥) بِأَيِّكُمُ
الْمَفْتُونُ ! (٦) إِنَّ رَبَّكَ هُوَ اَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ
وَهُوَ اَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ) (٧)

(نون) ناوه بۆ ئه‌م سووره‌ته ، یا ناوه بۆ ئه‌و حه‌رفه كه له حورووفی هیجایه‌و مه‌به‌سته‌كه‌ی له عیلمی خودادایه ٠ واته : سوێند به‌و خامه كه نامه‌ی **پێ‌ئه‌نووسرێ بۆ ته‌مێ‌و ته‌ربییه‌ی پیرۆزی‌و به‌ختیاری ، وه یا ته‌خته‌ی** پیرۆزی (لوح المحفوظ)ی پێ نووسراوه به فه‌رمانی خودا ! وه یا سوێند **به‌و خامه كه ئاده‌می بۆ ئاده‌می زانیاری‌و فه‌ننی به‌سوودی پێ ئه‌نووسێ ! وه** سوێند به‌و ناوه‌رۆكه چاكانه كه پێیان نووسراوه ! تۆ دێوانه‌و شێت‌و مێشك نه‌خۆش نیت له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌رگی نیعمه‌تی پێغه‌مه‌رێتییه‌دا كه خودا كردوویه به به‌رتاو ، تۆ پاداشێكی گه‌وره‌ت هه‌یه ٠ وه به ره‌غمی گومانی به‌دخواهی **ته‌مه‌ن‌كۆتا تۆ** وای به‌سه‌ر ئارامگای ره‌وشتێكی گه‌وره‌ی به پایه‌و مایــه‌ی وه‌هاوه كه به‌سه بۆ هه‌موو ئه‌وانه كه كاروباری دادگای جیهان‌و ئامۆزشگای

رۆزگاران بەرِێوە ئەبەن • واتە : هەرکەس لەسەر ئەو خوو رەوشـــتە بێ ئەتوانێ بە ئاسانی نەزان پێ‌بگەیەنێ‌و ناتەواو بگەیێنێتە پلەی بەرزو بالآ •

لەمەولا تۆ ئەبینی‌و ئەوانیش ئەبینن کە کام لاتان شێت‌و ناتەواون ، بە راستی خودای تۆ لە هەموو کەس زاناترە بە حالی ئەوەی کە گومڕایەو ، ئەو زاناترە بەوانە کە رێگەی هیدایەت‌و شارەزاییان دەستکەوتوە •

(فَلا تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ (٨) وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ (٩)
وَلا تُطِعْ كُلَّ حَلاَّفٍ مَهِينٍ (١٠) هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ (١١)
مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ (١٢) عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ (١٣)
أَنْ كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ (١٤) إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَـــا قَالَ :
أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ (١٥) سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ) (١٦)

هەرگیز فەرمانبەرداری ئەوانە مەکە کە پێغەمەرانی خودا بەدرۆئەخەنەوەو هەمیشە حاڵیان وایە پێیان‌خۆشە کە تۆ نەرمییان لەگەڵدا بکـــەی‌و باسی بتەکانیان نەکەیی‌و ئەوانیش بەرانبەر بەوە نەرمی لەگەڵ تۆدا بکـــەن‌و ، هەرگیز پەیڕەوی‌و فەرمانبەری زۆر سوێندخۆری درۆزنی بێ‌نرخی رسوای وا مەکە کە زۆر تانە لە خەڵك ئەدا ، بە تایبەتی لە موســـوڵمانانو ، زۆر ئەڕواو لە ناو خەڵکدا ئەگەڕێ بۆ بلاوکردنەوەی فیتنە ، زۆر مەنعی خێری خێرۆمەند ئەکاو لەحەق لائەداو زۆر تاوانبارەو فرە وشك‌و بێ‌زەوقەو ، زیاد لەمانەیش باوکی بە زۆر کردوویەتی بە کوڕی خۆی لە بەر ئەوە کە خاوەن ماڵ‌و منداڵە ؛ چونکی ئەوەندە نامەردە کاتێ ئایەتەکانی منیان بەســەردا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێ : ئەمانە نووسراوە کۆنەکانن‌و لە پێشینانەکانەوە هاتوون بۆ ئەم ! لەمەولا داخێ ئەنێین بەسەر لووتیا ؛ ئەمە کینایەیە لە سووککردنی،

وە یا هەڕەشەیە بەو برینە کە لە رۆژی بەدرا کردیان لەسەر لووتیو نیشانەی ئەو برینەیش مایەوە تا مرد •

حاریثەی کوڕی وەهەب لە پێغەمەرەوە دەگێڕێتەوە ئەڵێ: فەرموویەتی: ئایا هەواڵتان بدەمێ بەوانەی کە بەهەشتین ؟ : هەموو موسوڵمانێکی لاوازی فەرمانبەرداری مل‌کەچ ئەگەر سوێند بخوات لەســـەر شتێ پشت بـە کەرەمی خودا ـ خودا سوێندەکەی بۆ ئەباتەسەر • وە **ئایا هەواڵتان بدەمێ بەوانەی ئەهلی ئاگری دۆزەخن ؟ : هەموو ئادەمیـزادێکی زۆر خـۆری گۆشتنی بەفیزو دەمار •**

(اِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ . إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ (١٧) وَلَا يَسْتَثْنُونَ (١٨) فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِنْ رَبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ (١٩) فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ (٢٠) فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ (٢١) أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَارِمِينَ (٢٢) فَانْطَلَقُوا ـ وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ ـ (٢٣) أَنْ لَا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُمْ مِسْكِينٌ (٢٤) وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ) (٢٥)

بە راستی ئێمە ئەو کۆمەڵە کافری قورەیشەمان دووچاری قاتەســالیو گرانی کرد وەکوو چۆن کۆمەڵە خاوەن باخەکەمان گیرۆدەکرد لەو کاتەدا کە سوێندیان خوارد کە : باخەکەیان ئەبڕن کاتێ رۆژیان لێبوەوەو (ان شاء الله)یان بەدەمدا نەهات • جا لە لایەنی خوداوە بەڵایێ بەسەر باخەکەیانا هات کاتێ کە ئەوان نوستبوونو ئاگایان لە خۆیانو لەوە نەبوو دەستی قودرەت چی بۆ ئامادە کردوون • جا بەو بەڵایە باخەکەیان بەری نەماو وای لێ هات

کە بەرەکەی بڕابێ • بەیانی خاوەن باخەکان بانگیان لەیەك کردو وتیان : ئەگەر ئەتانەوێ باخەکەتان ببڕن بـا بڕۆین بیبڕین • جا کەوتنـەڕێ بۆ باخەکەیانو لەناو خۆیانا بە چپەو پەنامەکییەوە ئەیانوت : با ئیمڕۆ گەداو بێنەواکان پێتان نەزانن‌و لە باخەکەدا نەیەنە سەرتانو : بڕیاریان دا کە بەش‌و بارەی گەداکان ببڕن‌و بەشیان نەدەن لە کاتێکدا ئەیانتوانی بەشیان بدەن •

(فلَمَّـا رَاَوْهـا قالُوا : اِنَّـا لَضالُّونَ ! (٢٦) بَلْ نَحـنُ مَحْرومُونَ (٢٧) قالَ اَوْسَـطُهُمْ : اَلَمْ اَقُلْ لَکُمْ : لَوْلا تُسَبِّحونَ ! (٢٨) قالُوا : سُبْحانَ رَبِّنـا اِنَّـا کُنَّا ظَالِمِینَ (٢٩) فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلى بَعْضٍ یَتَلاوَمُـونَ (٣٠) قـالُـوا : یـا وَیْلَنَا اِنَّا کُنَّا طاغِینَ (٣١) عَسى رَبُّنَا اَنْ یُبْدِلَنَا خَیْراً مِنْها، اِنَّا اِلى رَبِّنَا رَاغِبُونَ (٣٢) کذلِكَ العَذَابُ،ولَعَذَابُ الآخِرَةِ اَکْبَرُ لَوْ کانُوا یَعْلَمُونَ) (٣٣)

جـا کاتێ ڕۆیشـتن‌و چـاویان بە باخەکـەیان کەوت‌و ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەیان دیو ، دییان کە بەری دارەکان کەوتوون‌و تیاچوون ، یەکەمجار وتیان : ئێمە ڕێگەمان ونکردوەو ئەمە باخەکەی ئێمە نیە ! پاش تۆزێ سەرنج‌و وردبوونەوە وتیان : نەخەیر باخەکەی خۆمانە بەڵام ئێمـە ئیمساڵ نائومێد بووین لە بەش‌و بارەی باخەکەمان •

جا برا ناونجییەکەیان وتی : ئەی من پێم‌نەوتن لەو کاتەدا بڕیاری هاتن بۆ باخەکەتان دا ئەوە بۆچی ناوی خودا نابەن ؟ بۆچی (بسـم الله الرحمن الرحیم) ناکەن لە کەوتنەڕێدا ؟ بۆچی (ان شاء الله) ناکەن لە بڕیاردانی بڕینی بەری باخەکەدا ؟

جا براکانی تر دانیان بە حەقدا ناو وتیان : بێعەیبی هەر بۆ خودایەو بێگومان ئێمە ستەمکار بووینو ستەمسان لە خۆمان کرد کە ناوی خودامان نەبردو ، ستەمیان لە گەداکان کرد کە بڕیارمان دا هیچیان نەدەینێ •

جا بە یاسای زیانی پاش بێ موبالاتی دەستبازکرد بە سەرزەنشتیکردنی یەکترو ئەمیان ئەیوت : خەتای تۆ بوو ، ئەویان ئەیوت : نەخەیر خەتای تۆ بوو ! تا دوایی هەموو بە جارێ دانیان بە تاوانی خۆیانا ناو ، وتیان : هاوار بۆ ئێمەو ، ماڵکاول خۆمان ئێمە هەموومان یایی بووبووینو لــە رێگــە لاماندابووا • با تەوبە بکەین هیوا وایە کە خودا لە باتی ئەو باخە باخێکی باشترمان پێبدا ، بە راستی ئێمە ئەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ لای خودا • جا سزای دنیا ئاوایە ، کە هات کوتوپڕ دێ ، بە راستی سزای رۆژی دوایی لەمە سەختترو خراپترە ئەگەر بزانن •

لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە : کە ئەو باخە لە وڵاتی یەمەن لە نزیکی شاری صەنعادا بوە ، کابرایەکی باشو رەوشت جوان ناشتوویەو بەخێوی کردوە • سێ کوڕی بوە ، خۆی هەموو سالێ حەقی شەرعی لێ دەرئەکردو ، دەسگورۆیی داماوانو هەژارانی لێ ئەکرد • کاتێ باوکیان مرد وەزعیــان وای لێ هات وەك لە ئایەتەکاندا خودا باسیکردوە • ئەمەیش بە بیانووی ئەوە ماڵو خێزانیان زۆرەو دەرامەتی باخەکــە کەمــە • وە لەناو خۆیانا بڕیاریان دا کە ئەمان بەیانی زوو لــە پێش رۆیشتنی هەژارەکانا بــڕۆنو بەری باخەکە ببڕنو کۆی بکەنەوە بە بێ ئەوە هەژارەکان بزاننو ، بە هیــچ جۆر (ان شاء الله) یان بە دەمدا نەهات •

جا خودای تەعالا بەڵای نارد بۆ ئەو باخەو بەرەکەی لەناوبرد ـــ وەك باسکرا ـــ •

وه له‌م رووداوه‌وه ده‌رده‌كه‌وێ كـــه هـــه‌ر خانه‌دانێ خێرو به‌خششی باوكیان ببڕنو رێگه‌ی ئه‌و ونبكه‌ن ئه‌وه ئه‌و ماڵو داراییه‌یان یا به‌ربه‌د ئه‌بێ یا خێری لێ نابینن •

هه‌روا له‌مه‌وه ده‌رئه‌كه‌وێ كه : وه‌كوو خودا له سه‌ركرده‌وه‌ی ئاشكراو تاوانی دیاری پاداشو تۆڵه ئه‌دا •• له‌ســـه‌ر نییه‌تی دڵو وتاریش پاداشو تۆڵه‌ی هه‌یه مادام ئه‌و نییه‌تو وتاره بگاته پله‌ی عه‌زم •

(إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِنْــدَ رَبِّهِمْ جَنَّـــاتِ النَّعِيمِ (٣٤) أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْـرِمِينَ ؟ (٣٥) مَــا لَــكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ؟ (٣٦) أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ ؟ (٣٧) إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ (٣٨) أَمْ لَكُمْ أَيْمَانٌ عَلَيْنَا بَالِغَةٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ؟ إِنَّ لَكُمْ لَمَــا تَحْكُمُونَ (٣٩) سَــلْهُمْ أَيُّهُمْ بِذَلِكَ زَعِيمٌ !) (٤٠)

بێگومان هه‌یه له لای ئێمه بۆ ئه‌وانه‌ی خۆیان ئه‌پارێزنو لـه خـودا ئه‌ترسن چه‌ن به‌هه‌شتێكی خاوه‌ن نیعمه‌ت • جا ئایا ئێمـــه موســـوڵمانه له‌خوداترسه‌كان وه‌كوو كافره‌كان دائه‌نێینو هه‌ردوو كۆمه‌ڵه‌كه له‌یه‌ك پله‌دا حساب ئه‌كه‌ین ؟ چیتان لێ قه‌وماوه چۆن حوكمی وه‌ها ئه‌كه‌نو باوڕ بـــه‌و موساواته ئه‌كه‌ن ؟

یا خه‌یر كتێبێكتان هه‌یه كه له‌و كتێبه‌دا بخوێننو بخوێننه‌وه كه ئێوه خاترخۆ بنو بۆتان ببێ هه‌ر شتێ خۆتان هه‌ڵیبژێرنو خواستتان لێی بێ ؟ یاخود ئێوه چه‌ن عه‌هدو په‌یمانێكتان له‌گه‌ڵ ئێمه‌دا هه‌یه‌و په‌یمانو گفتتان لێوه‌رگرتووین كه رۆژی قیامه‌ت ئێوه خۆتان حوكم بده‌ن به هـــه‌ر شتێ

رەوا بێ بۆتانو ، خۆتان حاکمی موطڵەقو بێقەیدو شەرت بن لەم کارانەدا؟ جا تۆ پرسیار لەو کافرانە بکە بزانە : کامیان زەعیمو سەرۆکو دەمچەرمووی ئەوانە لە داوای ئەم حوقووقانەدا .

(اَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ ؟ فَلْيَأْتُوا بِشُرَكَائِهِمْ اِنْ كَانُوا صَادِقِينَ :) (٤١)

یاخود چەن هاوبەشو هاوبیرێکیان لەم شتانەدا هەیە کە ئەوان داوای ئەکەن ؟ جا با هاوبەشەکانیان بێنن تا قسە بکەنو پشتگیرییان بکەن ، ئەگەر راستگۆنو راست ئەکەن !

(يَوْمَ يُكْشَفُ عَنْ سَاقٍ ، وَيُدْعَوْنَ اِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ (٤٢) خَاشِعَةً اَبْصَارُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ، وَقَدْ كَانُوا يُدْعَوْنَ اِلَى السُّجُودِ وَهُمْ سَالِمُونَ (٤٣) فَذَرْنِي وَمَنْ يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُمْ مِنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ (٤٤) وَاُمْلِي لَهُمْ اِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ (٤٥) اَمْ تَسْأَلُهُمْ اَجْراً فَهُمْ مِنْ مَغْرَمٍ مُثْقَلُونَ ؟ (٤٦) اَمْ عِنْدَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ ؟) (٤٧)

باسی ئەو رۆژە بکە کە لەبەر پەرێشانی خەڵك قول هەڵئەکرێو لە مەیدانا قاچو قول دەرئەکەوێو ، ئەو کافرانە بانگئەکرێن بۆ ئەوە سوجدە بۆ خودا ببەنو هەرچی کۆشش ئەکەن ناتوانن سوجدە ببەنو ، سەرکزو چاوشۆڕو داماونو خەجاڵەتیو رسوایی دایگرتوون ، هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە لە دنیادا بانگئەکرانو داوایان لێئەکرا سوجدە بۆ خودا ببەن ،

کەچی لەگەڵ ئەوەدا ساغو بێئازار بوون سوجدەیان نەدەبرد • جا وازم لێبێنن‌و لێم گەڕێن لەگەڵ ئەوانەدا کـــە ئـــەم قورئـــانە پیرۆزەیـــان بەدرۆخستوەتەوە ؛ ئیستە لە ژینی دنیادا پایەیان ئەدەمێو بەرزیان ئەکەمەوە بە جۆرێ کە بە خۆیان نازانن کە چییان بەسەردێ ؛ وە مۆڵەتیان ئـــەدەمو مەیدانیان بۆ گوشاد ئەکەمەوە هاتوچۆی تیابکەن لەبـــەر ئەوە (مقدمه) سازاندنم بۆ بەربادکردنی نامەردان زۆر پتەوو بەتینە •

یاخەیر لەبەر ئەوە باوەڕ بە خودا ناهێنن‌و باوەڕ بە تۆ ناکەن ؛ چونکی تۆ بـــەرانبەر بـــەم دەعـــوەت‌و **راگەیاندنە داوای کـــرێ‌و پاداشـــیان لـــێ** ئەکەی‌و ئەوان ئەمەیان پێناکرێ‌و ئەم ئەرکەیان پێ جێبەجێ ناکرێ‌و لەبەر باری شانیانا گرانە ؟

یاخود (لوح المحفوظ) یان لەبەر چاوایەو کەشـــفی شتی پەنامەکییان لـــە دەفتەری پەنامەکیدا کردوەو دەستووری خۆیان وەرئەگرن‌و ، لە بیروباوەڕی ناهەمواری خۆیانا پشت‌ئەستوورن‌و موبالات بە دین ناکەن ؟

(فاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ ، ولا تَكُنْ كَصَاحِبِ الحُوتِ
اِذْ نادى وهُوَ مَكْظُومٌ (٤٨) لَوْلا اَنْ تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِنْ
رَبِّهِ لَنُبِذَ بِالعَرَاءِ وهُوَ مَذْمومٌ (٤٩) فَاجْتَبَاهُ رَبُّهُ
فَجَعَلَهُ مِنَ الصَّالِحِينَ (٥٠) وإنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا
لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصارِهِمْ ، لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ ، ويَقُولُونَ :
اِنَّهُ لَمَجْنُونٌ (٥١) وما هُوَ اِلاَّ ذِكْرٌ لِلْعالَمِينَ) (٥٢)

جا ئەی ڕەهبەر تۆ خۆت لەبەر فەرمانی خودای خۆتا بگرە کە فەرمانی داوە بە مۆڵەتی ئەو کافرانە تا ماوەیەکی تر • یاخود خۆت بگرە بۆ هـــاتنی

وادەی فەرمانی خودای خۆت کە ئەوەیە تۆ زاڵئەبی بەسەر کافراناو دینەکەت بڵاوئەبێتەوە بە جیهانا • وە یاخود لەبەر باری ئازاری ناباری ئەو کافرانەدا خۆت بگرەو ، بە وێنەی رەهبەری خاوەن ماسی ــ کە حەزرەتی یوونسە ــ مەبە ، واتە وەکوو ئەو بێتاقەت مەبە ، نەکا وەکوو ئەو گیرۆدە ببی کـاتێ کەوتە ناودەمی نەهەنگەوەو کەوتە پەرێشانییەوەو لەو کاتەدا بە پاڕانەوەوە بانگی لە خودای خۆی کرد لەگەڵ ئەوەدا دڵی پڕبوو لە قارو تۆزی ئازاری گەلی نەینەوا • جا یادی خودای کرد بە وتەی (لا اله الا انت سبحانك انی کنت من الظالمین)ئەگەر نیعمەتی خودا فریای ئەو رەهبەرە نەکەوتایێ بـە تەوفیقدانی بۆ ئەو ویردە جوانە فڕێئەدرا بۆ وشکانیو بۆ زەوی خاڵی لە گیاو گوڵ بە حاڵێکی سووکیو لۆمەکراوییەوەو بە حاڵەتێکی وەهاوە کە خەڵك پێی رازی نەبێ ، بەڵام لەبەر ئەوە کە دەم بە زیکرو دڵ بە فیکر بوو فڕەدرا بۆ وشکان بە حاڵی ستایشکراویو شێوەیەکی واوە شیاوی حاڵی ئەو بێ ، بە جۆرێ خودا داری کوولەکەی بۆ کرد بە سێبەرو پارازتی لـە ئێشی مێشی پڕ مەترسی • جا خودا هـــەڵیبژارد بۆ وەرگرتنی پاداشی دووبارەو ناردییەوە بۆ سەر گەلەکەیيو کردی بە یەکێ لەو رەهبەرانە کە بە ئیدارەنو چاكو پاکن لە ناو گەلەکەیانا •

وە ئایەتی (وان یکاد الذین •••) لە کاتێکدا هاتەخوارەوە کە هەندێ لە چاوپیسەکانی (بەنی ئەسەد)ویستیان چاو لە حەزرەت بدەن بۆ ئەوە یـا بیکوژن یاخود بە زیانێکەوە گیرۆدەی بکەن• لە واقیعا تەماشایانکردو بۆیان روانی بەڵام خودا پارازتی • واتە بە راستی لەوانـە بوو ئـەو کافرانـە تـۆ هەڵبخلیسکێنن لە رێگەدا بە هۆی چاوی خۆیانەوە لەو کاتەدا کە قورئانیان لێبیستن ، وە بە چاولێدانەکەیش قەناعەت ناکەن ، بەڵکو ئەیشڵێن : بێگومان ئەو زاتە شێتە ، وەلحاڵ قورئانەکە هەمووی زیکرە بۆ خودای تەوانا لـە

لایه‌نی هه‌موو عاله‌می عاقڵانه‌وه ، وه تۆیش ره‌هبه‌ری عاله‌می •

له کاتێکدا که ویستیان حه‌زره‌ت به شێت دابنێن له‌به‌ر قورئان خودا ئه‌و باوه‌ڕه‌ی به‌تاڵکردنه‌وه به‌وه که ئه‌م زاته ره‌هبه‌رێکی سه‌ربه‌رزه‌و قورئانه‌که‌یش وتارێکه زۆر بالآیه به‌سه‌ر وتاری هه‌موو زانایانو رۆشنبیراندا •

سووره‌تی (الحاقه) له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، بیست‌و پێنج ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (ملك) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(الحاقَّةُ (١) ما الحاقَّةُ ؟ (٢) وما أدْراكَ ما الحاقَّةُ ؟) (٣)

ئه‌و کاره‌ساته که بێ‌گومان رووئه‌داو دێته‌جێگه چیه ؟ چ که‌سێ تۆی حاڵی‌کردوه که ئه‌و کاره‌ساته رووئه‌دا چیه ؟ به‌کورتی ئه‌و رووداوه ئه‌وه‌نده سامناکه‌و ئه‌وه‌نده هۆی بیم‌و ترسه که‌س به ره‌سایی نایزانێ خودای په‌روه‌ردگاری جیهان نه‌بێت .

(كَذَّبَتْ ثَمُودُ وعادٌ بِالقَارِعَةِ (٤) فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا بِالطَّاغِيَةِ (٥) ، وأَمَّا عادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عاتِيَةٍ (٦) ، سَخَّرَها عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيالٍ وثَمَانِيَةَ أيَّامٍ حُسوماً ، فَتَرَى القَوْمَ فِيها صَرْعى كَأَنَّهُمْ أعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ! (٧) فَهَلْ تَرى لَهُمْ مِنْ بَاقِيَةٍ ؟) (٨)

جا گه‌لی ثه‌موود که له پاشمه‌نده‌ی عاد بوون‌و پێغه‌مه‌ره‌که‌یان ناوی صالح بوو ، وه گه‌لی عاد که پێغه‌مه‌ره‌که‌یان هوود بوو ، وه ثه‌موود له وڵاتی شام له نزیکی ئه‌رده‌نی ئیمڕۆدا بوون‌و ، عاد له ئه‌حقاف له وڵاتی یه‌مه‌ندا بوون .. ئه‌م دوو گه‌له باوه‌ڕیان به رۆژی قیامه‌ت نه‌کرد که به (قارعه)یش ناوئه‌برێ‌و به (حاقه)یش ناوئه‌برێ . (قارعه) وڵات‌کوتێنه‌ره‌وه

جـا خودا قاری لێ گرتن‌و ، گەلی ثەموود بە هۆی دەنگێکەوە کە کـەس دەرەقەتی نەدەهات لەناوچوون • ئەو دەنگە (طاغیە)بوو ، لای‌دابوو لـە چارکردن‌و بەرڕەس‌وەستانی •

وە گەلی عادیش بە بایەکی زۆر ساردی ناباری لەیاسای دنیا دەرچوو ببەربادکران ، خودا ئـەو بایـە لێ‌هەڵکردن‌و زاڵی کرد بەسەریانا بۆ ماوەی حەوت شەوو هەشت رۆژی سەرومڕو بێ‌پشوو • یان حەوت شەوو رۆژی وا کە (حاسم)بوون ، یانی ریشەی گیانداریان دەرئەهێنا • وە ئـەو گەلەت ئەبینی بە مردوویی‌و لاڵ‌و پاڵکەوتوویی‌و وەکوو بنی دارخورمـای کەوتووی ناوکورۆلک بۆش وەها بوون ! جا ئایا تۆ هیچ بازمەنەو شوێنەوارو داڵەوازێ بۆ ئەو گەلە ئەبینی ؟ واتە کەسیان نەمان •

(وجاءَ فِرْعَوْنُ . ومَنْ قَبْلَهُ،والمُؤتَفِكاتُ بِالخَاطِئَةِ(٩) فَعَصَوْا رَسُولَ رَبِّهِمْ ، فَأَخَذَهُمْ أَخْذَةً رابِيَةً) (١٠)

وە فیرعەونی پاشای بەدڕای قیبطییەکان خۆی‌و پەیڕەوانی . یا ئەوانەی لە پێش ئەوا رابوردبوون لە گەلە کافرەکان‌و ، (مؤتفکات) پێنج دێکەی حەزرەتی (لووط) : (صبعة)و (صعرة)و (عمرة)و (دوما)و (سدوم)•• ئەمانە هەموو کارێکی غەڵەتی گەورەی ناباریان کرد کە کوفرو تاوانباری‌و زۆرداری‌و کردنی کاری شەرمەساری بوو ، وە هـــەموویان نافـەرمانی رەهبەری خودای خۆیانیان کـرد ، جـا خودا گرتنی بـە گرتنێکی لـە ئەندازەبەدەرو زیاد لە توانا •

وە ئەم چەن دێ ناوئەبرێن بە (مؤتفکات) لەبەر ئەوە بە قاری خودا هەڵگێڕراو نەتەوەو ژێراوژوور بوون •

(اِنّا لَمّا طَغَی المــــاءُ حَمَلْنـاکُمْ فِي الجـارِیَــــةِ (١١) لِنَجْعَلَها لَکُمْ تَذْکِرَةً ، وتَعِیَها اُذُنٌ واعِیَةٌ) (١٢)

واتە : کاتێ ئاوی تۆفانو لافاو هەڵساو لە ئەندازە لای‌دا ئێوەمان لەو کەشتییەدا هەڵگرت کە بەسەر ئاوەکەدا هاتوچۆی ئەکردو ئەڕۆیی ، بۆ ئەوە وەکوو کافرەکان بەرباد بوون موسوڵمانەکان بمێننەوە •

وە لەبەر ئەوە هەڵم‌گرتن لە کەشتیەکەدا هەتا ئەو کارەساتە بکەم بـە هۆی بیرکردنەوەی ئێوە لە گەورەیی خوداو تەوانایی بەسەر هەموو شتێکدا، وە لەبەر ئەوە تا چەن گوێچکەیەکی وا کە راستی ئەبیسن‌و هەڵی‌ئەگرن ئەو دەنگوباسە هەڵبگرن •

وە مەبەست لە هەڵگرتنی (مخاطب)ەکان هەڵگرتنی باپـیرو داپیرە پێشوەکانی سەردەمی نووحە ـ د ـ •

(فَإِذا نُفِخَ فِي الصُّورِ نَفْخَــةٌ واحِــدَةٌ (١٣) وحُمِلَتِ الأَرْضُ والْجِبَالُ فَدُکَّتَا دَکَّةً واحِدَةً (١٤) فَیَوْمَئِـــذٍ وقَعَتِ الوَاقِعَةُ (١٥) وانشَــقَّتِ السَّـمَاءُ فَهِيَ یَوْمَئِــذٍ واهِیَةٌ (١٦) والمَلَكُ عَلی اَرْجائِهــا ، ویَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ یَوْمَئِذٍ ثَمَانِیَةٌ (١٧) یَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لا تَخْفَی مِنکُم خَافِیَةٌ) (١٨)

کاتێ کە خودا خواستی دنیای ئیمڕۆ تەواو ببێ‌و لە لایەنی ئیسرافیلەوە فووکرا بە صوورا بە یەك فووی بەهێزو ، زەوی‌و کێوەکان بە تەکانی ئەو فوە لە شوێنی خۆیان هەڵکەنرانو ، هەڵگیران بۆ هەواو دایان لەیەك بە یەك لێدانی بەهێز •• جا لەو رۆژەدا رووداوی قیامەت ، واتە رووداوی گۆڕانی

ئەم دنیاو هاتنی پاشەڕۆژ دێتەجێو ، ئاسمان پارچەپارچە ئەبێو لەو رۆژەدا ئاسمان بێهێزو بێنرخ ئەبێو ، فریشتەی ئاسمان لەسەر تەنیشتی ئەفلاك ئەکەونە لاوەو ؛ لەسەر سەریانەوە هەشت مەلائیکە عەرشی خودا هەڵئەگرن ٠ لەو رۆژەدا ئێوە هەموو لە لای خودا رائەنوێنرێنو ، هیــچ شتێ لە خودا ناشاررێتەوەو هیچ کەسێ ناتوانێ خۆی لە خودا ونبکـا ٠ یاخود هیــچ کردەوەیەکی وەها بشاررێتەوە لە خودا ون نابێ ٠

(فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ : هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيَهْ (١٩) إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ (٢٠) فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ (٢١) فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ (٢٢) قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ (٢٣) كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئاً بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الأَيَّامِ الخَالِيَةِ) (٢٤)

یانی ئەو کەسانە کە دەفتەری کردەوەیان ئەدرێ بە دەستی راستیانەوە لە مەقامی خۆشیداو بە شادی دەربڕینەوە ئەڵێن : وەرن دەفتەری کردەوەکەی من وەربگرنو بیخوێننەوە ، من ئەزانم کە ئیسرۆ ئەگەم بە حسێبی کردەوەی خۆمو ، باوەڕم وابوو کە من ئەگەم بەم رۆژەو بەم حسێبە ٠ جا ئەم جۆرە کەسانە وان لە ناو گوزەرانێکی خۆشو بەئاسایشداو ، وان لە ناو بەهەشتی بەرزی بەڕێزی وەهادا کە بەری دارەکانی دانەویوەو شۆڕبوەتەوەو دەستی پێئەگاو ، لە لایەنی فریشتەی بەهەشتەوە بانگیـان لێئەکـرێ : بخۆنو بخۆنەوە بە خواردنو خواردنەوەیەکی گەواراو بێئازار ٠ ئەمەیش بە هۆی ئەو بیرو باوەڕە پاکەو ئەو کردەوە چاکانەوە کە لەمەوپێش لە رۆژانی ژیانی دنیادا راتان بواردوون ٠

(وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ : يَا لَيْتَنِي لَمْ

اوتَ كِتَابِيَهْ (٢٥) ولَمْ ادْرِ ما حِسَابِيَهْ (٢٦) يا لَيْتَها كانَتِ القَاضِيَـــةَ (٢٧) مـا اغْنى عَنِّي مالِيَـــهْ (٢٨) هلَـكَ عَنِّي سُلْطانِيَهْ)(٢٩)

وە ئەو کەسەیش کە نامەی کردەوەی ئەدرێ بە دەستی چەپیەوە ئەڵێ: کاشکی ئەم نامەی کردەوەم پێ نەدرایەو ، نەمزانیایە حسێبم چۆنەو ، خۆزگە ئەو مردنە کە مردم هەر ئەوە بوایەو ئیتر دوای ئەوە زیندوونەکرایەمەوە • ئەو ماڵو سامانە کە بووم هیچ سوودی پێ نەدامو ، هـەرچی هێزو تواناو دەستەڵاتم بوو لە کیسم چوو •

(خُذُوهُ فَغُلُّوهُ (٣٠) ثُمَّ الجَحِيمَ صَلُّوهُ (٣١) ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُها سَبْعونَ ذِراعاً فاسْـــلُكُوهُ (٣٢) انَّهُ كانَ لا يُؤْمِنُ بِاللهِ العَظِيمِ (٣٣) ولا يَحُضُّ عَلى طَعَامِ المِسْكِينِ (٣٤) فَلَيْسَ لَهُ اليَوْمَ ها هُنا حَمِيمٌ (٣٥) ولا طَعَـــامٌ الاَّ مِنْ غِسْلِينٍ (٣٦) لا يَأْكُلُهُ الاَّ الخَاطِئُونَ) (٣٧)

جا لەو ڕۆژەدا خودا فەرمان ئەدا بە بەرپرسیاری دۆزەخو ئەڵێ : ئەو زەلامە بگرنو زنجیری بکەنو لە پاشان بیبەن بیهاونە ناو دۆزەخەوە ، لە پاشان بیخەنە ناو ڕشتەیەکی حەفتاگەزی لە زنجیری گەورە ، ئەمەیش لەبەر ئەوە کە ئەو زەلامە باوەڕی بە خودای گەورە نەدەهێناو خەڵکی هـــان نەئەدا بۆ چێشتو نان دان بە هەژارو بێ کەسان ، دەی ئـەو ئیستە لـــەم شوێنەدا هیچ دۆستێکی ئەمینی نیەو ، هیچ خواردەمەنی نیە لە (غسلین) نەبێ کە ئاوێکی پیسە لە لەشی ئەهلی دۆزەخ دێنەخوار • وە ئەو ئاوە پیسە کەس نایخواتەوەدو ئەو خواردەمەنیە پیسە خواردەمەنی کەس نیە ئەوانە نەبێ کە خاوەن خەتای گەورەن •

(فَلا أُقسِمُ بِما تُبْصِرُونَ (٣٨) ومَا لا تُبْصِرُونَ ! (٣٩)
إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (٤٠) وما هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلاً
ما تُؤْمِنُونَ (٤١) ولا بِقَوْلِ كاهِنٍ قَلِيلاً ما تَذَكَّرُونَ (٤٢)
تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ العَالَمِينَ) (٤٣)

جا من سوێند ئەخۆم بە هەر شتێ بەچاو ئەیبینن کە مەوجووداتی عالەمی شەهادەتەو ، ئەوەی نایبینن کە مووجووداتی عالەمی غەیبە ، بێگومان ئەم قورئانە گەورە وتەی رەهبەرێکی کەریمو بەرزو بەرێزەو ئەوە وتاری شاعیر نیە ؛ چونکە هەر جۆرێ لە وتار پاسایەکی تایبەتی هەیەو . شیعر دوورە لە رشتەی ئەم وتارە پیرۆزەو دوورە لەو رێنومایە پیرۆزانە کە لەم قورئانەدایە . وە خاوەنی ئەم وتارەیش دوورە لەو گومانانە کە بە دەوری شـــاعیرانا هەڵئەسوورێنو ، ئەم وتاری پێغەمەرە کە قورئانە وتاری کاهینیش نیـــە ؛ چونکە ئەو جۆرە قسانەیش پڕن لە درۆو دەلەسەو بیرو باوەڕی پڕوپووچو گەڕان بە دوای ئارەزوو هەوەس‌بازیو گومان‌کاریدا ، وە وتاری کاهین هەرگیز بەشی لە رێنومایی‌کردنی ئادەمیزاد بۆ رەوشتی بەرزو خووی جوانو ئەمانەتو دەستو داوێن‌پاکیدا ... نیە .

بەڵام ئەی موخالیفانی دینی ئیسلام ئێوە کەمێ کات دڵتان لە عەناد پاك ئەکەنەوەو باوەڕ بە پیرۆزی قورئانو خاوەنەکەی ئەکەنو . کەم‌جار بیر ئەکەنەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شتو دۆزینەوەی راستی هەتا بزانن کاهینو وتاری کاهین دوورن لە پێغەمەری رەهبەرو قورئانی پیرۆز . وە تا بزانن ئەم ئایەتە خاوەن‌بەلاغەتو، دوور لە زیادەڕۆیو. بەیانکەری هەواڵو بەسەرهاتی گەلانی پێشوو ؛ پڕ لە نهێنی داهاتوە ... وتارێکە لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە هاتوەتەخوارەوە .

(ولَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنا بَعْضَ الأَقاوِيلِ (٤٤) لأَخَذْنا مِنْهُ بِالْيَمِينِ (٤٥) ، ثُمَّ لَقَطَعْنا مِنْهُ الوَتِينَ (٤٦) فَما مِنْكُمْ مِنْ اَحَدٍ عَنْهُ حاجِزِينَ (٤٧) وِانَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِلْمُتَّقِينَ (٤٨) وانّا لَنَعْلَمُ اَنَّ مِنْكُمْ مُكَذِّبِينَ (٤٩) وِانَّهُ لَحَسْرَةٌ عَلى الكافِرِينَ (٥٠) وِانَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ (٥١) فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ العَظِيمِ) (٥٢)

وە ئەگەر ئەو محەمەدە بازێ قسەی لەسەر ئێمە هەڵبەستایەو ، بە ناوی ئێمەوە بەدرۆ قسەی بکردایە هەموو خێرو تەواناییمان لێ وەرئەگرتو کزوداماومان ئەکردو رەگی لاملمان ئەبڕیو ، کەسیش نەدەبوو پارێزی لێ بکاو ئەو ئازارو مەینەتەی لێ دوور بخاتەوە • جا بزانن بە راستی ئەم قورئانە پیرۆزە حەقیقەت بەیادهێنەرەو بیرخەرەوەیە بۆ لەخوداترسەکانو خاوەن پارێزەکان ، واتە بۆ ئەو کەسانە کە لە خودا ئەترسن ئەبێ بە هۆی بیرکردنەوە لە راستیەکاندا ، وەکوو بوونی پەروەردگاری تەنیاو ، راستی پێغەمەرێتی پێغەمەرانو هاتنی پەیامو وتاری خودا بۆ لایانو ، هاتنی رۆژی قیامەتو ، رۆژی لێپرسینەوەو ، گەیشتن بە پاداشو تۆڵە •

وە ئێمە ئەزانین لەناو ئێوەدا گەلێ ئادەمیزادی وا هەیە کە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەری خوداو وتاری خودا نیەو ، لە واقیعدا ئەم قورئانە هۆی داخو خەفەتو دڵتەنگییە بۆ کافرەکان کە باوەڕی پێ ناکەن • لەو رۆژەدا کە موسوڵمانەکان ئەگەن بە پایەو مایەی بەهەشتو شادبوون بە دیداری خودای پەروەردگار • وە ئەم قورئانە راستەو هیچ گومانی تێدا نیە ، واتە : پەیوەندی بە خوداوەو دووری لە پەیوەندی ئادەمی جێگەی زانستێکی تەواو سافە ؛ کە وایە هەر تەسبیحی خوادی گەورەی خۆت بکە لەسەر

ئه‌وه كه تۆی هه‌ڵبژاردوه بۆ ئه‌وه كه بتكا به خاوه‌نی په‌یامێكی گه‌وره بـ
ئیسلامه‌و وتارێكی پڕ سوودو به‌ڕێز كه قورئانه •

ئــه‌م باره گــه‌وره خــودا پێبیداوی
نه‌یهێشــت لــه تۆدا بۆی ناته‌واوی
قورئانــی خــودا بــوو بــه خه‌ڵاتت
بۆت بوو بــه مایه‌ی به‌رزی صیفاتت
هه‌زار ته‌سبیحات بۆ خودای عه‌ظیم
كه ناردی بــۆ تۆ قورئانــی كه‌ریــم

سوورەتی مەعاریج لە سوورەتە مەکەییەکانە ، چل‌وچوار ئایەتە ، دوای سوورەتی (الحاقه) هاتوەتە خوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(سَأَلَ سَائِلٌ بِعَذَابٍ واقِعٍ (١) لِلْكَافِرِينَ لَيْسَ لَهُ دافِعٌ (٢) مِنَ اللهِ ذِي المَعارِجِ (٣) تَعْرُجُ المَلائِكَةُ والرُوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كانَ مِقْدارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ (٤) فَاصْبِرْ صَبْراً جَمِيلاً) (٥)

ئەم ئایەتانە دەربارەی نەضری کوڕی حەرث هاتنەخوارەوە ، ئەو وتی: ئەگەر ئەم قورئانە راست‌و حەقەو ئێمەیش باوەڕی پێ‌ناکەین چەن بەردێ لە ئاسمانەوە بەسەرمانا بیارێنە .

جا خودا ئەفەرموێ : پرسیارکەرێك پرسیاری کرد ، پرسیارکەرێکی **بێ‌سەروبەرو گاڵتە بەحەق‌کەر لە کاتی سزایێ کە دێتە سەر کافرانی بێ‌باوەڕ** بە قورئان . وە وتی : ئەو سزا کامەیەو کەی دێتەخوارەوە بۆ سەرمان ؟ بۆ نایێ ؟ چی نایەڵێ بێتەخوارەوە؟ وە بە شێوەی گاڵتەکردنەوە رووی کردە ئاسمان‌و وتی : ئەگەر ئەم قورئانە حەقەو ئێمە باوەڕی پێ‌ناکەین با خودا بەردەبارانمان بکا !

بەڵام بزانن ئەو سزا لە دنیادا دێتەجێ‌و هیچ شتێ نیە رێگە لە هاتنی ئەو سزا بگرێ‌و ، ئەو سزا لە لایەنی خودایەکەوە فەرمانی لەسەر دەرچوە کە خاوەنی گەلێ پلەو قادرمەیە لە زەوییەوە بۆ ئاسمانی یەکەم ، تا هەر حەوت

ئاسمانەکان تەواو ئەبن‌و ، فریشتەکانی هاتوچۆکەری نێوان زەوی‌و ئاسمانی بەرز ، بە تایبەتی جیبرائیل کە مەشهوورە بە (رووح) ، بەرزئەبنەوە بۆ لای، واتە بۆ ئەو جێگە کە خودا بڕیاری داوە بۆیان لە رۆژێکدا کە ئەندازەی ئەو بە هاتوچۆی ئێرەتی ئادەمیزاد ماوەی پەنجاهەزار ســاڵە ، هەرچـەن فریشتەکان بە کەمتر ماوەیێ لەسەر تەوانایی خودا هاتوچۆکەی خۆیــان تەواو ئەکەن . جا تۆ ئەی رەهبەر خۆت‌بگرەو پەلە مەکە بۆ هاتنی ســزا بۆ ئەم کافرانە بە خۆگرتنێکی جوان کە تێکەڵ بە پەرێشانی نەفس نەبێ .

(اِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيداً (٦) ونَراهُ قَرِيباً (٧) يَوْمَ تَكُونُ السَّماءُ كالمُهْلِ (٨) وتَكُونُ الجِبالُ كالعِهْنِ (٩) ولا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيماً (١٠) ؛ يُبَصَّرُونَهُمْ . يَوَدُّ المُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمَئِذٍ بِبَنِيهِ (١١) ؛ وصاحِبَتِهِ . وأَخِيهِ (١٢) ، وفَصِيلَتِهِ الَّتي تُؤْوِيهِ (١٣) ومَنْ فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ يُنْجِيهِ (١٤) ؛ كَلاَّ اِنَّها لَظَى (١٥) نَزَّاعَةً لِلشَّوى (١٦) تَدْعُو مَنْ أَدْبَرَ وتَوَلَّى (١٧) وجَمَعَ فَأَوْعى) (١٨)

بە راستی ئەو کافرانە رۆژی قیامەت یا سزای خۆیان لەو رۆژەدا بــە دوور ئەزانن‌و : ئێمە بە نزیکی ئەزانین لەبەر ئەوە لە عیلمی ئێمەدا رابوردوە کە لە پاشەڕۆژدا دێتەجێ‌و ، هەرچی وابێ کات لــە دوای کـــات نزیك ئەبێتەوەو دێتەجێ لە رۆژێکا ئاسمان وەکوو خڵتەی زەیت ئەبێ بە مادەیەکی رەوان‌و ، کێوەکان وەکوو خوری شیکراوەیان لێ دێ‌و ، هیچ خزمێ لە خزمی خۆی ناپرسێ . واتە کەس لەبەر دەردی خۆی سەر کەسی ناپەرژێ، هەموو ئەخرێنە پێش‌چاوو ئەبرێن بۆ مەیدانێ کە هەندێکیان ــ هەندێکیان ئەبینن . وە تاوانبارەکان لەو رۆژەدا پێیان خۆشە کە کوڕو ، براو ، ژن‌و ،

هۆزو خزمو کەسێو هەرچی وا لە زەویدا لە گیاندارو بێ گیان هەمووی بدا بە فیدیە بۆ خۆی بە مەرجی ئەوە رزگاری ببێ لەو سزایە ! حاشا وە کەللا. رزگاری نیەو ، ئەو ئاگرە ئەوان ئەیبینن ئاگری بڵێسەداری دۆزەخـــەو مەبەست ئاگرێکە کە پێستی لەش بە گەرمی بێپایانی خۆی دائەڕنێو ، بانگ ئەکا بۆ لای خۆی هەرکەسێ پشتی لە ئیمان هەڵکردوەو ئیعرازی ناوە لە ئیطاعەی خوداو پێغەمەرو خەڵکی گردکردوەتەوەو تێیگەیاندوون بە بیرو باوەڕی پووچ ، یاخود دارایی‌و ماڵی کۆکردوەتەوەو خستوویەتیە مەخزەنێکی گەورەوە ٠وای ئەزانی کە تەنها دارایی ئینسان لە هەموو شتێ ئەپارێزێ ٠

(إِنَّ الإِنْسانَ خُلِقَ هَلوعاً (١٩) إِذا مَسَّهُ الشَّرُ جَزُوعاً(٢٠) وإِذا مَسَّهُ الخَيْرُ مَنُوعاً (٢١) إِلا المُصَلِّينَ (٢٢) الَّذِينَ هُمْ على صَلاتِهِمْ دائِمُونَ (٢٣) والَّذِينَ فِي أَمْوالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ (٢٤) لِلسَّائِلِ والمَحْرومِ (٢٥) والَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ (٢٦) والَّذِينَ هُمْ مِنْ عَذابِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ(٢٧) أَنَّ عَذابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ(٢٨) والَّذِينَ هُمْ لِفُروجِهِمْ حافِظُونَ (٢٩) إِلاَّ على أَزْواجِهِمْ أَوْ ما مَلَكَتْ أَيْمانُهُمْ ، فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلومِينَ (٣٠) فَمَنِ ابْتَغى وراءَ ذلِكَ فَأولائِكَ هُمُ العادُونَ(٣١)والَّذِينَ هُمْ لِأَماناتِهِمْ وعَهْدِهِمْ راعُونَ (٣٢) والَّذِينَ هُمْ بِشَهاداتِهِمْ قائِمُونَ (٣٣) والَّذِينَ هُمْ عَلى صَلاتِهِمْ يُحافِظُونَ (٣٤) أولائِكَ فِي جَنَّاتٍ مُكْرَمُونَ) (٣٥)

بە راستی ئادەمیزاد بە (تیانەوە ستاوی) دروستکراوە نە لە شادیدا خۆی ئەگرێو نە لە شینا ، نە پێویستی دینیو نـە پێویستی دنیـــایی

بەجیٚدێنێ ؛ کاتێ کە ماڵو دارایىو دەستەلاتێکی هەبێو بتوانێ مـــاڵ خەرج بکاو بەشی داماوان بدا زۆر رژدو ماڵنەدەرو دەستقوجاوە • وە کاتێ شەڕو ئازارێکی لە نەفس یا لە ماڵا نووش ببێ ئەوە زۆر نارەحـــەت ئەبێو بێئاسایشی خۆی دەرئەبڕێ • ئەمە غالبو زۆربەی تەبیعـــەتی ئادەمیزادە • بەلاَم وا ئەبێ بە بەردەوامی لەسەر فەرمانبەریو بەندەییکردن بۆ خودا ئەچێتە رزی پیاوچاکانو ئەبێ بە هاوڕێی خۆشەویستانی خوداو • ئەو حاڵەتە نەفسییە روو ئەکـــاتە عـــەداڵەتو بـــاش ئەبێ وەکوو خودا فەرموویەتی : ئەو نوێژکەرانە نەبێ کە لەسەر نوێژەکانیان دەوام ئەکەن ؛ وە ئەوانە نەبێ کە لە ماڵو داراییاندا مافی دیاریکراو بۆ هەژارانو گەدایان هەیە ، ئەوپێ شیاوانە کە خۆیان داوای ئەکەن یـا کەسانێ کە خۆیان داوای ناکەن • وە ئەو کەسانە نەبێ کە بە هۆی کردەوەی چاکـــەوە باوەڕ بـــە پاشەڕۆژ ئەکەن . واتە بە کردەوەی چاکە ئەوە ئەسەلمێنن کە خاوەن باوەڕن. وە ئەو کەسانە نەبێ کە لە سزای خودای خۆیان ئەترسن ، وە حەقیانە چونکی سزای خودا لەوانە نیە ئینسان لێی ئەمین بێ . واتە پێویستە ئینسان هەمیشە لە سزای خودا بترسێ ؛ چونکی خودا گـــەورەیەو بەجێهێنـــانی فەرمانی پێویستەو ئێمە ناتەواویمان زۆرەو موستەحەقی ســـــزاینو ئەگـــەر خودا نەمانبەخشێ سزا ئەدرێین •

وە ئەو کەسانە نەبێ کە عەورەتی خۆیان ئەپارێزنو بە کاری ناهێنن لەگەڵ ژنانی خۆیانا یا لەگەڵ جارییەکانیانا نەبێ کە بە هێزی ماڵ کڕراونو بوون بە ماڵیان •• ئەوە ئەوانە بۆ ئەو کارە ســـــەرزەنشت ناکرێن . وە هەرکەسێ بێجگە لەم دوو رێگە بگەڕێ بۆ ئەنجامدانی ئارەزووی جینسی ئەوە ئەوانە لە دین لایانداوە • وە ئەو کەسانە نەبێ کە چاودێری پەیـــــان ئەکەنو پەیمانی مەشرووعو رەوا ناشکێننو ئەیبەنە ســـــەرو ، ئەمانەت

ئەپارێزنو خیانەتی تێدا ناکەن • وە ئەو کەسانە نەبێ کە شایەتییان لەسەر ئاڵو وێرو ، داراییو ماڵو ، نەسەبو غەیری ئەمانە ••• بە راستی رائەگرن• وە ئەو کەسانە نەبێ کە نوێژەکانیان بە چاودێری مەرجـەکانیانو ئـــادابو ئەرکانیانەوە بە باشی ئەکەن ••• ئەم کەسانە (تیانەوەستاو) نینو پیاوچاکنو پاداشیان ئەوەیە وان لەناو چەن بەهەشتێکدا لەسەر یاسای میهرەبانی خودا خاوەن کەرامەتن •

(فَمالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ ؟ (٣٦) عَنِ اليَمِينِ وعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ (٣٧) أَيَطْمَعُ كُلُّ امْرِئٍ مِنْهُمْ أَنْ يُدْخَلَ جَنَّةَ نَعِيمٍ ؟ (٣٨) كَلَّا إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِمَّا يَعْلَمُونَ) (٣٩)

ئەوە چییە بۆ وا ئەو کافرانە بە دەوری تۆدا بــە پــەلە هاتوچۆیەکی بێئەدەبانە ئەکەن ؟ لە لای راستو چەپەوە کۆمەڵ کۆمەڵ بڵاوە ئەکەن ؟ ئایا هەر یەکێ لەوان ئەبەوێ بخرێتە ناو بەهەشتێکی پڕ نیعمەتەوە ؟ حاشاو کەللائێمە ئەو ئادەمیزادانەمان لە مادەی ئەو ئاوە دروستکردوە کـە خۆیان ئەیزانن ، وەکوو چۆن توانیومانە لەو تۆوە دروســتیان بکەین وەهایش دەستەڵاتمان بە سەر مراندنو زیندوو کردنەوەیاندا هــەیە • هــەروەهایش تواناما بەسەر دانانی یاسای دیندا هەیەو رێگەی راستی خاوەن دینانمان دیاری کردوە ، هەرکەس بەو رێگەدا نەڕوا بەهەشتی دەستناکەوێ •

(فَلا أُقْسِمُ بِرَبِّ المَشارِقِ والمَغارِبِ ! إِنَّا لَقادِرُونَ (٤٠) على أَنْ نُبَدِّلَ خَيْراً مِنْهُمْ ، وما نَحْنُ بِمَسْبُوقِينَ (٤١) فَذَرْهُمْ يَخُوضُوا ويَلْعَبُوا حَتَّى يُلاقُوا يَوْمَهُمُ الَّذِي

يُوعَدُونَ ! (٤٢) يَوْمَ يَخْرُجُونَ مِنَ الأَجْدَاثِ سِراعاً كَأَنَّهُمْ
إِلى نُصُبٍ يُوفِضُونَ (٤٣) خاشِعَةً أَبْصارُهُمْ تَرْهَقُهُمْ
ذِلَّةٌ ، ذلِكَ الْيَوْمُ الَّذي كانُوا يُوعَدُونَ) (٤٤)

سوێند ئه‌خۆم به خودای خۆرهه‌ڵاته‌کان‌و خۆرئاواکان ! واته به‌و که‌سه ئه‌وه‌نده ته‌وانایه ئه‌توانێ ته‌صه‌ڕوف بکا له گۆڕانی کائیناتا ؛ هه‌ر رۆژێ هه‌تاو له شوێنێکه‌وه ده‌رکه‌وێ‌و له شوێنێکه‌وه ئاوا بێ • ئێمه ته‌واناین له‌سه‌ر ئه‌وه که ئێوه بگۆڕینه‌وه به چاکتر له ئێوه . وه ئێمه له‌مه عاجزنین • واته ئه‌توانین ئێوه که گه‌لێکن نه‌زان‌و بێ‌باوه‌ڕو بێ‌به‌زه‌یی له‌ناوتان به‌رین‌و له باتی ئێوه گه‌لێکی زانای خاوه‌ن باوه‌ڕو به به‌زه‌یی پێ‌بگه‌یه‌نین‌و له عاستی ئه‌م جۆره کارانه‌دا ده‌سه‌وسان نین • جا مادام وایه تۆ ــ ئه‌ی ره‌هبه‌ر ــ واز له‌و گه‌له بێ‌بایه‌خه بێنه با خه‌ریك بن به‌وه‌وه که پێوه‌ی خه‌ریکن‌و ؛ گاڵته بکه‌ن به زینده‌گانی خۆیان هه‌تا ئه‌گه‌ن به‌و رۆژه به‌ڵێنیان پێ‌دراوه‌و بۆیان دانراوه ؛ دیاره ئه‌م جۆره قسه‌و فه‌رمانه بۆ هه‌ڕه‌شه‌یه • له‌و رۆژه‌دا که له گۆڕ ده‌رئه‌چن به په‌له ئه‌ڕۆن ؛ وا ده‌رئه‌که‌وێ که به‌په‌له بۆ لای بت‌و به‌ردی په‌رستیاریه‌که‌یان رائه‌که‌ن‌و ، حاڵیان وایه له‌و رۆژه‌دا چاویان داخستوه‌و به کزی‌و داماوی‌و بێ ده‌سته‌ڵاتیه‌وه رسوایی دای‌گرتوون ... ئه‌وه ئه‌و رۆژه‌یه که ئه‌وان بۆیان دیاری کراوه‌و به‌ڵێنیان پێ‌دراوه •

سوورەتی نووح لە سوورەتە مەکەییەکانە ، بیستو هەشت ئایەتە ، دوای سوورەتی نەحل هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِنَّا اَرْسَلْنا نُوحاً اِلى قَوْمِهِ : اَنْ اَنْذِرْ قَوْمَكَ مِنْ قَبْلِ اَنْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ اَلِيمٌ (١) قالَ : يا قَوْمِ اِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ (٢) اَنِ اعْبُدُوا اللهَ واتَّقُوهُ واطِيعُونِ (٣) يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ ، ويُؤَخِّرْكُمْ اِلى اَجَلٍ مُسَمّىً ، اِنَّ اَجَلَ اللهِ اِذا جاءَ لا يُؤَخَّرُ . لَوْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ) (٤)

ئێمە نووحمان بە پێغەمەری رەوانەکرد بۆ لای گەلەکەیی‌و پێمان‌وت: گەلەکەت بترسێنە لە گیرۆدەبوون بە سزایەکی سەختی ناهەموار • ئەویش فەرمووی : ئەی گەلی من بە راستی من ترسێنەرێکی راست‌و ئاشکرام بۆ لای ئێوەو پێتان ئەڵێم : بەندەیی بۆ خودا بکەن‌و لە خودا بترسن‌و فەرمانبەرداری من بکەن لەو ئەمرو نەهیەدا کە پێمانەو ئێوەی پێ تالیم ئەکەم • ئەگەر بە گوێم بکەن خودا لە گوناهەکانتان خۆش‌ئەبێ‌و تاوانتان ئەبەخشێ‌و لەناوبردنتان دوا ئەخا بۆ کاتێکی تر کە لاژووړووی کاتی ژیانتانەو ، ئەو کاتە دیاری‌کراوەو گۆڕانی بەسەردا نایەت‌و ، کاتێ هات هیچ دواناخرێ ، خۆزگا ئەمەتان ئەزانی !

بزانن ! هەندێ ئایەت ئەوە ئەگەیەنن کە ئاکام ناگۆڕێ‌و کەم‌و زیاد ناکاو. هەندێ ئایەتی تر ئەوە دەگەیەنن کە گۆڕان‌و کەم‌و زیاد لە ئاکامدا هەیە •

چارو وەلآمی ئەمەیش ئەوەیە : هەموو مومکینێ ئەسبابی وجوودو مەوانیعی هەیەو مەرجی مانەوەو بەردەوامبوونیشی هــەیە ، وەکوو هۆی کەوتن و بچڕان و نەمانی هەیە •

لە لای خودا زانراوو دیاریکراوە لە ماوەی تەمەنی چەن ساڵەی فلان کەسدا گەلێ ناساغی و برینداری و ئازاری جۆراوجۆر لە ڕێگەی ئەو کەسەدا هەیە ، وەکوو چەن دەرمان و ، دۆعاو ، خێرو چاکەیێ بەرابەر بەوانەوە هەیە ، ئەگەر ئەوانە بەکاربێنێ ئەوا ئەو ناساغی و ئازارو برینانە چارئەکرێن و ئەگات بە لاژووورووی کاتی ژیانی • وە ئەگەر گوێ بەوانە نەدات و خەمی خۆی نەخوات ناگاتە ئەو ئاکامە دواییە • جا ئەو ئەندازەی کــە زانراوە کۆتایی ژینەئەوە گۆڕانی تێدا نابێ و لەوانە نیە بگۆڕێ • وە ئەو ئەندازانەیش کــە بەسراون بە چاودێری ئەسبابەکانەوە لەوانەیە بە گوێرەی ئەســبابەکان بگۆڕێن •

بەکورتی کەم و زیاد بە گوێرەی گوێپێدان و پشـــت گوێخستنی ئەسبابەکانەو ، نەگۆڕان تابیعی تەعەللوقی علمییە بە واقیعی چـــاودێری کابراوە •

(قالَ : رَبِّ اِنّي دَعَوْتُ قَوْمي لَيْلاً ونَهــاراً (٥) فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعائي اِلاّ فِراراً (٦) واِنّي كُلَّما دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا اَصابِعَهُمْ فِي آذانِهِمْ واسْتَغْشَوْا ثِيابَهُمْ . واَصَرّوا ، واسْتَكْبَرُوا اسْتِكْباراً) (٧)

جا نووح ــ د ــ عەرزی خودای کردو فەرمووی : خودایە من لــە شەوو ڕۆژا گەلەکەم بانگکردوە ، وە ئەم بانگکردنی منە هــەر ڕاکردن و

دوورکەوتنەوەی ئەوانی زیادکردوە • واتە زیانی هەبوو نەك سوود • وە بە راستی هەرکاتێ من بانگم‌کردوون بۆ ئەوە داوای تاوانبەخشی لە تۆ بکەن‌و تۆیش بە میهرەبانی خۆت بیانبەخشی •• ئەوان پەنجەکانیان ئەخستە نـاو گوێچکەیانەوە بۆ ئەوە واتەو باسی خودا نەبیسن‌و ، بەرگ‌و پۆشاکەکانیان ئەپێچا بە خۆیانەوە وەك ئەوە کە خۆیان بشارنەوەو نەیانبینن‌و ، بەم شێوە نابارە لەسەر کوفرو فیزو دەماری خۆیان دەوامیان ئەکرد بە فیزو دەمارێکی زۆر •

(ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَـاراً (٨) ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنْتُ لَهُمْ وأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْراراً (٩) فَقُلْتُ : اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كانَ غَفَّـاراً (١٠) يُرْسِـلِ السَّـماءَ عَلَيْكُـمْ مِـدْراراً (١١) ويُمْدِدْكُمْ بِأَمْوالٍ وبَنِينَ ويَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ . ويَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهاراً (١٢) ما لَكُمْ لا تَرْجُونَ لِلّهِ وَقاراً (١٣) وقَـدْ خَلَقَكُمْ أَطْواراً ؟) (١٤)

پاش ئەو بانگکردنەیش بە ئاشکراو باشتر بانگم‌کردن . بە ئاشکراو پەنامەکی بانگم‌کردن‌و پێم‌وتن : داوای تاوانبەخشی لە پەروەردگاری خۆتان بکەن ، بە راستی خودا تاوانبەخشە ، ئەگەر ئێوە وا بکەن‌و فەرمانبەرداری خودا بکەن خودا تەنها بە تاوانپۆشیتان دەسبەردار نابێ ، بەڵکو زیـــاد لەوەیش دەرگای پیت‌و بەرەکەتتان بۆ ئەکاتەوەو رێژەنەی بارانتـــان لـــە ئاسمانەوە بۆ ئەنێرێ‌و ماڵ‌و دارایی‌و نەوەتان پێ‌ئەبەخشێ‌و ، چەن بـاخ‌و بەهەشتتان پێ‌ئەداو چەن جۆبارتان بۆ دەرئەکا • ئـەوە بۆچی رێزو نرخ دانانێن بۆ پەروەردگاری خۆتان ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو پەروەردگارە ئەوەندە گەورەو بەدەستەڵاتە چەند جار ئێوەی دروست‌کردوە ؟ لە سـەرەتاوە بـە

(عنصر)ی گڵو ئاو دروستی کردوون ، جا کردنی بە گیاو نەباتاتە خاوەن دانەکان ، جا دانەکانی دەرخواردی باوکو دایکتان دا ، جا بوون بە (تۆو)ی باوکو دایك ، جا کردنی بە نیشتەجێی ناو منداڵدانو ، واتە تۆوەکە لـە منداڵدانی دایکدا خۆی گرت ، دوای ئەوە بوو بە پارچەخوێن ، جـا بـە پارچەگۆشت . جا گیانی کردن بە بەردا . جا کردنی بە ئادەمیزادێکی رەساو هێنانیە سەر زەویو لە جیهانێکی پانو پۆڕا دایناڼ .

لەسەر ئەم مەعنا (اطوار) کۆی (طور)بە مانا جارە .

وە هەڵئەگرێ ئەطوار کۆی طەور بە مەعنا (متطور) بێ ، واتە وەهای دروستکردوون تەطەوور ئەکەنو ئەگۆڕێن لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێكو لـە لاوازیو بێهێزییەوە بۆ هێزو ، لە نەزانینەوە بۆ زانیاریو ، لە زانیـــاری بێسوودەوە بۆ زانیاری بەسوود ، وەکوو زانیاری (الهیات)و (ریاضیات)و (طبیعیات)و ، لە طەوری ســوودوەرنەگرتن لە زانیـــاری بۆ طــەوری سوودوەرگرتن ؛ وەکوو ئیستە دێتەبەرچاوتان .

وە هەڵئەگرێ (اطوار) جەمعی (طور) بە مانا کێو بێ ، واتە دروستی کردوون بە حاڵێ کە ئێوە وێنەی کێون لە دامەزرانو نەگۆڕانا ، واتە هــەر یەکێ لە ئێوە لەسەر خوڵكو رەوشتێکە لەو رەوشتە لانادا وەکوو کێو چۆن لە جێگەی خۆی لاناچێ .

یانی ئادەمــی وێنــەی تەلیســـمە
فریشــتە طەبعەو ئادەمــی ئیســمە
کە کەوتە سەر باڵ بەرەو سەربەرزی
مەلەك دێتەخوار بۆ هەڵقەی دەرزی
دێو بۆی رام ئەبێ لە رووی نیشتمان
وەکــوو رامی دێو لە بۆ سولەیمان

فریشتە بۆ ئـەو رائەخەن شـــابال
چونکە بەرەوژوور ئـەڕوا بۆ کەمال
بەوێنـەی بـاران خـێرات ئەڕێژێ
بە بێژنگی عـەقل عـولووم ئەبێژێ
ئاســمانو زەوی وشـکانو دەریـا
قازانج وەرئەگـرن لـە مەردی وریا
(بالعکس) ئەگەر طەوری بەدطەورە
بـە ناو ئادەمـی ، شـەیتانی دەورە
ئەو فیکرو مەکـرە ئەو ئەیخاتـە دەر
شەیتان نایزانـێ (اللـــە اکبر) !
جـا بـراکانـی کـاری بارەمـەنـد
خاوەن شوعوورو نوورو هۆشـمەند
بیکەن بـە خاتـر شـەرەفی ئینسان
بنـە ئینسـانێ سەراسەر ئیحسان
بە عیلمو عەقڵو ئەخـلاقو رەوشـت
پانایی زەوی بکـەن بـە بەهەشـت
هیچ مەحاڵ نیـەو وا لـە ئیمکانـا
(نامی) بێ ئینسان لە گشـت مەکانا

(أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً (١٥) وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُوراً وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجاً ؟ (١٦) وَاللهُ أَنْبَتَكُمْ مِنَ الأَرْضِ نَبَاتاً (١٧) ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجاً (١٨) وَاللهُ جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ بِسَاطاً (١٩) لِتَسْلُكُوا مِنْهَا سُبُلاً فِجَاجاً) (٢٠)

ئایا نابینن وەیا نازانن چۆن خودا حەوت ئاسمانی یەك لە ژووری یەکەوە دروستکردوەو مانگی لە ناو ئەو ئاسمانانەدا کردوە بە خاوەن رووناکی ، وە

ڕۆژیشی کردوە بە چرای جیهان‌گیرو دنیاڕووناك‌کەرەوە ؟ وە خودا ئێوەی لە زەویدا رواندوە بە رواندنو ، لە پاش ماوەی ژیانی دنیا ئەتانگێڕێتەوە بۆ زەوی‌و لە پاش تەواوبوونی ماوەی بەرزەخ لە زەوی دەرتان ئەکاتەوە بـە دەرکردن • وە خودا زەوی بۆ ئێوە کردوە بە رایەخ‌و بەسەریەوە ئەژین بۆ ئەوە بڕۆن‌و بگەڕێن لە زەویدا بۆ گوزەران بە چەن ڕێگەیەکی گوشادا •

(قَالَ نوحٌ : رَبِّ ! اِنَّهُمْ عَصَوْنِي ، واتَّبَعُوا مَنْ لَمْ يَزِدْهُ مالُهُ وولَدُهُ اِلاَّ خَساراً (٢١) ومَكَرُوا مَكْراً كُبَّاراً(٢٢) وقالُوا : لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ ، ولا تَذَرُنَّ ودًّا ، ولا سُواعاً ، ولا يَغُوثَ ، ويَعُوقَ ، ونَسْراً(٢٣) وقَدْ اَضَلُّوا كَثِيراً ولا تَزِدِ الظَّالِمِينَ اِلاَّ ضَلالاً (٢٤) مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ اُغْرِقُوا فَاُدْخِلُوا ناراً ، فَلَمْ يَجِدُوا لَهُمْ مِنْ دونِ اللهِ اَنصَاراً) (٢٥)

پاش مانەوەیەکی زۆرو ئامۆژگارییەکی زیادو پاش ئەوە کـە نووح نائومێد بوو لە ئیمان‌هێنانی گەلەکەی عەرزی خودای کردو فەرمووی : خودایە! ئەو گەلە لە من یاخی بوون‌و شوێن ئەوانە کەوتن کە خاوەن دارایی‌و نەوەو دەستەلاَتن‌و وەزعیان وایە ئەو دارایی‌و نەوە هیچ سوودێکی بۆیان نەبوەو زیانی گیانی‌و لادان‌و بایی‌بوون نەبێ هیچی دیکـەی بۆ زیـاد نەکردوون • وە مەکرو فێڵێکی زۆر گەورەیان کرد •

وە کافرەکان لە ناو خۆیانا گەورەکان بە بچووکەکانیان ئەوت : واز لە خوداکانی خۆتان مەهێنن دەسبەرداری (سواع) و (یغوث)و (یعوق) و (نسر) مەبن •

ئەگێڕنەوە : ئەمانە ناوی چەن پیاوچاکێکی سەردەمی ئادەم‌و نووح

بوون ، کاتێ کە مردن وێنەیان کێشان بۆ ئەوە پیرۆزییان لێوەرگرن ؛ کـە چەرخ درێژەی کێشاو ماوەی مردنی ئەوان دوورکەوتەوە ئیتر بە تەواوی پەرستران‌و ، پاش ماوەیێ ئەو بتانە گوێزرانەوە بۆ ناو عەرەبو ، (ود) بۆ هۆزی کەلب‌و ، (سواع) بۆ (همدان)و ، (یغوث) بۆ (مذحج)و ، (یعوق) بۆ (مراد) و (نسر) بۆ (حمیر) •

وە ئەم بتانە ئادەمیزادێکی زۆریان گومڕاکرد • واتە بوون بە هۆی سەرلێشێوانیان ، **ئەی پەروەردگار تۆ هـەرگومڕایی بۆ ئـــەم ســـتەمکارانە** زیادبکە •

جا ئەم کافـــرانی چەرخی حەزرەتی نووحە ــ د ــ لەبـــەر زۆری تاوانەکانیان بە ئاوی لافاو خنکێنران ، وە دوای خنکاندنەکـەیش گورج خرانە ناو ئاگری جیهانی بەرزەخەوە ، لەو کاتەیشدا بێجگە لە خودا کەسیان دەس‌نەکەوت بە یارمەتیدەرو ، دیارە خودایش یارمەتی ستەمکار نادات •

(وقَالَ نُوحٌ : رَبِّ لا تَذَرْ على الأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّاراً (٢٦) إِنَّكَ إِنْ تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبادَكَ ، ولا يَلِدُوا إِلاَّ فاجِراً كَفَّاراً (٢٧) رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوالِدَيَّ ، ولِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِناً ، ولِلْمُؤْمِنِينَ والمُؤْمِنَاتِ ، ولا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلاَّ تَبَاراً) (٢٨)

جا نووح ــ د ــ بە گەرم لە خودا پاڕایەوەو فەرمووی : پەروەردگارا کەس لەم کافرانە لەسەر زەویدا مەهێڵەرەوە ، بە راستی ئەگەر تۆ لەمانـە بهێڵیتەوە هەموو بەندەکانت گومڕا ئەکەن ، وە ئەمانە نەوەیان نابێ‌و کەسیان لێ‌ناکەوێتەوە ئادەمیزادێکی خاوەن فوجوورو بێ‌شوعوورو ئینسانێکی زۆر کافری بێ‌باوەڕ نەبێ •

پەروەردگارا ! نە تاوانی خۆم‌و باوك‌و دایکم خۆش‌بە ، هەروەهـا خۆش ببە لە تاوانی هەرکەسێ بە باوەڕەوە هاتوەتە ئەم خانەوادەی ئێمـە ، وە لە هەموو پیاوان‌و ژنانی خاوەن باوەڕ خۆش‌بە ، وە بۆ کافرە ستەمکارەکان لەناوچوون‌و لەناوبردن‌و وێرانکاری نەبێ زیادمەکە .

وە مانای زۆری لە کوشتن‌و لەناوبردنا بنەبڕکردنیانە لە خۆیان‌و نەتەوەو پەراوێز‌و شیرازەیاندا .

نووح بە ماوەی ساڵ نۆصەدو پەنجا
خۆی گرت بـۆ تەبلیغ لە دەردو ڕەنجا
بە پەنامەکـی‌و بە شێوەی دیـاری
تەرغیبی ئـەدان بـۆ دینی بـاری
لە بۆ تەوحیدی (واجب الوجـود)
لە بـۆ طاعەتـی خالیقی مەعبـوود
کەچی ئەو گەلەی ئەونـە عادی بوون
هەموو عاشـقی خودای مادی بـوون
مانـای وەهایـە ئینسـانی بەدرەو
رۆحـی بـۆ مـادە ئەخاتـە گـرەو
کەم ئینسان هەیـە وا بەختیـار بـێ
لەگەڵ ئەرواحـا رۆحی هۆشیار بێ
هەتاکـوو دەریای فەیضی رەببانـی
بڕژێ بەسـەریـا بـۆ دڵ‌و گیانـی
کاکـە ! بە راسـتی لەم کائینـاتـە
هـەر رێگەی راسـتە رێگەی نەجاتە
(والذی جاء بالصدق) ی فـەرمـوو
(وصدق بە) یەکی کـرد بـە دوو
باڵێکت (صیدق)و ئەو باڵت (تصدیق)
ئەتبا بـۆ عەرشی عیززەت‌و تەوفیق
خودا بە فەیض‌و رەحمەتـی عامـی
صیدق‌و تەصدیقیش بدا بە (نامی)

سوورەتی (جین) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، بیستو هەشت ئایەتە ، دوای سوورەتی ئەعراف هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قُلْ : اُوحِيَ اِلَيَّ : اَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقالُوا : اِنَّا سَمِعْنَا قُرْآناً عَجَباً ! (١) يَهْدِي اِلى الرُشْدِ فَآمَنَّا بِهِ ، ولَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنا اَحداً (٢) واَنَّهُ تَعالى جَدُّ رَبِّنا،ما اتَّخَذَ صاحِبَةً ولا وَلَداً (٣) واَنَّهُ كانَ يَقُولُ سَفِيهُنا علَى اللهِ شَطَطاً) (٤)

بزانن ! جین لە عورفا بریتین لە ئەجسامی لەطیفەی وا کە بەشی زۆری مادەی ئاگرە ، وە ئەمانە ئەتوانن بە چەن شێوەی جیاجیا خۆیان دەربخەن ، **وە ئەم جۆرە نێرو مێیان هەیەو خاوەن هەستو شوعوورن ، وە پێغەر بۆ لای** ئەوانیش رەوانەکراوە وەکوو رەوانەکراوە بۆ سەر ئادەمیزاد ، وە جین موسوڵمانو کافریان هەبە .

وە لەسەر ئەوەی ئیبنوحەجەر لە شەرحی بوخاریدا نووسیویە : جینەکان لە چەن کاتو شوێنا قورئانیان بیستوە :

یەکەم جاریان : ئەمەیە کە لەم سوورەتی (جین)ەدا باس کراوە ، کە لە سەرەتای چەرخی رەوانەکردنی پێغەمەردا ـ د ـ بوە .

دوەمجار: ئەوە بوو لە ساڵی یازدەی پێغەمەرایەتیدا لە پاش کۆچی دوایی دایکی موسوڵمانان حەزرەتی خەدیجەو ئەبو طالیبی مامی پێغەمەر حەزرەت

چوو بۆ شاری (طائف)و له پاش ماوه‌یێ گه‌ڕایه‌وه بۆ مه‌که‌و له ڕێگه‌دا هه‌ندێ جین هاتن گوێیان له قورئانخوێندنی حه‌زره‌ت گرت ، وه‌کوو خودا له سووره‌تی ئه‌حقافدا فه‌رموویه‌تی : (واذ صرفنا اليك نفرا من الجن يستمعون القرآن).

جاری سێهه‌میان : هه‌ر له مه‌که‌دا بوو : ئه‌و جاره که عه‌بدوللای کوڕی مه‌سعوودی له خزمه‌تدا بوو له شه‌وێکا جینیه‌کان ویستیان حه‌زره‌ت بانگیان بکا بۆ دین و په‌یامی خۆیان پێ رابگه‌یه‌نێ .

چواره‌مجار : له مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره‌دا بوه پاش هیجره‌ت ، وه ئه‌بوهوره‌یره حه‌دیثه‌که‌ی ریوایه‌ت‌ئه‌کاو : له‌وانه‌یه حه‌زره‌ت چه‌ند جاری تریش قورئانی به‌سه‌ر جیندا خوێندبێته‌وه‌و : ئه‌حکامی دینی فێرکردبن .

وه شه‌هابی خه‌فاجی ئه‌لێ : جینه‌کان شه‌ش‌جار به خزمه‌تی حه‌زره‌ت گه‌یشتوون .

جا بۆ جاری یه‌که‌میان ـ له‌سه‌ر قسه‌که‌ی بوخاری ـ له ئیبن‌و عه‌باسه‌وه ده‌گێڕنه‌وه ـ خ ـ که حه‌زره‌ت له‌گه‌ڵ چه‌ن که‌س له یارانیا له مه‌که‌وه ده‌رچوون بۆ بازاڕی (عكاظ) ، که کاتی گردبوونه‌وه‌ی عه‌ره‌ب بوو له‌و شوێنه‌دا ، حه‌زره‌ت **ویستی له‌و شوێنه‌دا عه‌ره‌به‌کان بانگ بکا بۆ** ئایینی‌ئیسلام . جا پێش ئه‌وه بگاته بازاڕه‌که له (بطن نخله)دا **نوێژی** به‌یانی‌کردو چه‌ن که‌سێ له جین ، له سێ که‌سه‌وه تا ده که‌س ، له‌و شوێنه‌دا گه‌یشتن به خزمه‌ت حه‌زره‌ت‌و ، له کاتی نوێژی به‌یانیدا قورئانی خوێنده‌وه. **ئه‌م هاتنه‌یشیان له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه بوه که له سه‌ره‌تای ڕه‌وانه‌کردنی** حه‌زره‌تا ـ د ـ ڕێگه‌ی ئه‌وه‌یان لێ‌گیرا که به ئاسمانا سه‌رکه‌ون ، ئه‌وانیش له‌ناو خۆیانا وتوویانه : دیاره ئه‌م ڕێگه‌لێ‌گرتنیانه له‌به‌ر ڕووداوێکه که له

دنیادا رووی داوە • جا کاتێ ئەگەڕان بۆ دۆزینەوەی هۆی ئەم کارە لـە (بطن نەخلە)دا حەزرەتیان دیو گوێیان لە قورئانخوێندنی بوو ، جا ئەو کاتە زانییان هاتنەخوارەوەی ئەم قورئانە ئەبێ بە هۆی ئەوە ئەوان نەتوانن سەرکەون بۆ ئاسمانو هەواڵ وەرگرن •

واتە : ئەی رەهبەری خۆشەویست ! تۆ بڵێ : لە لایەنی خوداوە وەحیم بۆ هاتوە کە چەن کەس لە جین گوێیان لێ راگرتووم لە کاتی قورئانخوێندنا، جا ئەو جینانە رۆیشتنەوە بۆ ناو گەلەکەیانو وتیان : ئێمە قورئانێکمـان بیستوە کە جێگەی سەرسوڕمانە ، کـە ئادەمیزادو پەری بانگ ئەکا بۆ رێگەی راستو ئێمەیش باوەڕمان پێکردو هەرگیز کەس ناکەین بە هاوبەشو هاوڕێ بۆ خودا • وە خودا بەرزو باڵایەو نە ژنی بۆ خۆی بڕیارداوەو نـە نەوە • وە لەمەوپێش جینە سەفیهەکانی ئێمە واتەی دوور لە حەقیان بەرابەر بە خودا بە دەمدا دەهات •

(وأنَّا ظَنَنَّا أن لَن تَقولَ الإنسُ والجِنُّ علَى اللهِ كَذِباً (٥) وانَّهُ كانَ رِجالٌ مِنَ الإنسِ يَعُوذُونَ بِرِجالٍ مِنَ الجِنِّ فَزَادُوهُم رَهَقاً (٦) وَأنَّهُم ظَنُّوا ــ كما ظَنَنتُم ــ أن لَن يَبعَثَ اللهُ أحَداً !) (٧)

وە ئێمە گومانمان وا برد کە هەرگیز ئادەمیزادو جین درۆ بـە دەمی خوداوە هەڵنابەستنو شوێن قسەو بیری سەفیهەکان ناکەون ، بۆیە باوەڕمان پێئەکردن لەوەدا کە خودا هاوبەشی هەیە • وە لە سایەی گەورەیی خوداوە کە قورئانمان بیست حاڵی بووین کە خودا دوورە لە هاوبەشو دوورە لـە نەوەو بێ هاوێنەیە •

وە کۆمەڵێ لە پیاوانی ئادەمیزاد عەقڵیان سووك بوو کە ئەگەیشتنە شوێنێکی وا مەترسی لێ‌بکرێ پەنایان ئەبردە بەر چەن پیاوێ لە جین کەچی جینەکان کوفرو گومراییان بۆ زۆرئەکردن •

وە ئەو جینییانە گومانیان وا برد ــ وەکوو ئێوە گومانتان ئەبرد ــ کە خودا دوای مردن کەس زیندوو ناکاتەوە ؛ واتە ئەو جینانە کە ئەکران بە پەناو پەنایان پێ‌ئەبرا هەموو کافرو گومڕاو بێ باوەڕ بوون • وە ئێمە بە بیستنی ئایەتەکانی قورئان بۆمان دەرکەوت کە راست ئەوەیە خودا بێ هاوبەش‌و هاوڕێ‌و هاووێنەیەو دوورە لە هەموو کەم‌و کووڕی‌و ناتەواوییەك‌و خاوەن دەستەڵات‌و تەوانایە •

(وأَنَّا لَمَسْنَا السَّماءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَساً شَدِيداً وشُهُباً(٨) وأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْها مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ ، فَمَنْ يَسْتَمِعِ الآنَ يَجِدْ لَهُ شِهاباً رَصداً (٩) وأَنَّا لا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الأَرْضِ أَمْ أَرادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَداً ؟) (١٠)

وە ئێمە بە هەوڵ‌و تێکۆشان سەرکەوتین بە ئاسمانا بۆ وەرگرتنی هەواڵەکانی ناو مەلائیکەو حاڵی بووین لەوە کە پڕکراون لە مەلائیکەی بەرپرسیاری پاسی ئاسمان‌و پڕکراون لە (نیازك)ی بڵێسەدار ، واتە مادەی نەیازیك زۆر بوو لە ئاسمانا بۆ ئەوە بکرێن بە هۆی دوورخستنەوەی ئێمە لە ئاسمان •

وە ئێمە لەمەوبەر عادەتمان وابوو لە چەن شــوێنێکی تایبەتیــدا دائەنیشتین بۆ گوێ گرتن لە گفتوگۆی فریشتەکان هەتا وەریان‌بگــرن‌و

بیان‌هێننە خوارەوە بۆ سەر زەویو بە شێوەی وەســـواس بیخەینە دڵی کاهینە کانەوە بۆ ئەوە بە درۆ لێیـــان زیادبکەنو بیـــانکەن بە هــۆی گومڕاکردنی ئادەمیزاد ... کەچی ئیستە هەرکەسێ لە ئاسمانا گوێ رابگرێ بڵێیسەو بروسکەیەك بەرانگاری ئەبێ ، کە ئامادەکراوە بۆ ئەوکەسە ئەڕوا بۆ هەواڵوەرگرتن لە ئاسمان .

وە بە راستی ئێمە نازانین خودا لە مەنعکردنی ئێمـــە لە گوێ گرتنو سەرکەوتن بە ئاسمانا خواستی خراپەی بە عالــەمی جین هەیەو ئەیــەوێ هەرکەسێ لە ئێمە گوێ‌بگرێ گورج بیکوژێو بەربادی بکا ؟ وە یــاخود خواستی لەسەر خێرو بەختیاریو تەمێکردنو نیشاندانی رێگەی دینە ؟

(وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ ، وَمِنَّا دُونَ ذَلِكَ ، كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا (١١) وَأَنَّا ظَنَنَّا أَنْ لَنْ نُعْجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ . وَلَنْ نُعْجِزَهُ هَرَبًا (١٢) وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَى آمَنَّا بِهِ . فَمَنْ يُؤْمِنْ بِرَبِّهِ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا (١٣)

وە ئێمە ــ کۆمەڵەی جین ــ هەندێکمان چاكو باش‌کردارەو هەندێکمان لەوە خوارترە . وە ئێمە چەن کەسێکی کۆمەڵ کۆمەڵو جۆرجۆرین ، واتە لەسەر چەن رێگایەکی جیاوازین .

هەرکەس بە باریو هەرکەسێ بە کـاری
هەرکەسێ بە شێوەو طەبعو ئەطـواری

وە ئێمە گومانمان بۆ پەیدا بوە کە ناتوانین خودای تەعالا مەنع بکەین لە بەجێهێنانی خواستی خۆیو هەرچی خواستی لێ‌بێ ئەیکاو ئێمە ناتوانین بە راکردنو هەڵهاتن بەملاو بەولادا لە دەستی دەرچین .

وه ئێمه کاتێ ئه‌م قورئانه‌مان بیست که مایه‌ی شاره‌زاییه بۆ راستیو رێگه‌ی راست باوه‌ڕمان پێ کردو ، باوه‌ڕمان به‌و خودایه کرد که ئه‌و قورئانه‌ی ناردوه بۆ رێنومایی عالەم • وه هه‌رکه‌س باوه‌ڕ به‌و خودایه بکا ئیتر نه‌ترسێ لـه **که مبوونه‌وه‌ی پاداشی کرده‌وه‌یی‌و له سته‌می که‌س نه‌ترسێ •**

(وأَنَّا مِنَّا المُسلِمُونَ ومِنَّا القَاسِطُونَ ، فَمَنْ أَسْلَمَ فاولائِكَ تَحَرَّوْا رَشَداً (١٤) وأَمَّا القَاسِطُونَ فكانُوا لِجَهَنَّمَ حَطَبًا) (١٥)

وه له ئێمه‌یه کۆمه‌ڵێکی موسوڵمانو کۆمه‌ڵێکی له‌حه‌ق‌لاده‌ر ، جا هه‌رکه‌سێ موسوڵمان بێ‌و فه‌رمانبه‌رداریی خودای کردبێ ئه‌وه ئه‌وانـــه قه‌سدی رێگه‌یه‌کی راستی وایان کردوه که رۆیشتن به‌ســـه‌ریا موفیدی مه‌قسووده ، وه ئه‌وانه‌یش که لایان داوه له رێگـــه ئه‌وه بوون به داری سووته‌مه‌نی بۆ دۆزه‌خ •

(وأَنْ لَوِ اسْتَقامُوا عَلى الطَّرِيقَةِ لأَسْقَيْنَاهُمْ مـاءً غَدَقاً (١٦) لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ، ومَنْ يُعْرِضْ عَنْ ذِكْـرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَاباً صَعَداً) (١٧)

وه خودا ئه‌فه‌رموێت : ئه‌گه‌ر ئاده‌میزاد ده‌وامیان ببوایه له‌سه‌ر رێگه‌ی راستو پیرۆزی دین که خودا بۆ جیهانی هه‌ڵبژاردوه •• ئه‌وه ئاوداریـــان ئه‌که‌م به ئاوێکی زۆر • واته بژێوو رۆزیم بۆ زۆر ئه‌کـــردن بۆ ئـــه‌وه که ته‌جره‌به‌و به‌راوردیان بکه‌مو بزانم سوپاسی من ئه‌که‌ن • وه لـــه واقیعـــدا هه‌رکه‌سێ پشت هه‌ڵبکاو لابدا له یادو زیکری خودای خۆی ئه‌وه خودا ئه‌یبا به رێگه‌ی سزایه‌کی زۆر سه‌ختو نابارا •

(وَاَنَّ المَسَاجِدَ لِلهِ ، فَلا تَدْعُوا مَعَ اللهِ اَحَدَاً) (١٨)

ئەی رەهبەر ! بفەرموو : کە هەموو مزگەوتەکان بۆ خودانو مـــاڵی خودان ؛ چونکە ئەو مزگـەوتانە بۆ بەندەیی‌تێداکردن دروســـت‌کراونو بەندەیی‌کردنیش هەر بۆ خودایە،کە وابێ مزگەوتەکان هەموو هەر بۆ خودای تەعالان ، ئیتر لە خودا بەولاوە لە مزگەوتا کەس بانگ مەکەنو ، بێجگە لە خودا ناوی‌کەس لە مزگەوتەکانا مەبەنو کەس مەکەن بە هاوبەش بۆ خودا • وە هەر بەندەیی‌یێ ئەکەن لە نوێژو مانەوەو دانیشتن لە مزگەوتا بۆ یـادی خوداو رۆژوو قورئان‌خوێندنو ••• بە ســاغی بۆ خودای بکەنو کەس لەگەڵ خودادا بانگ مەکەن •

بزانن ! لە فەرموودەی حەزرەتەوە دەرکەوتوە : کە هەموو زەوی بۆ نوێژتێداکردن دەست ئەدا ، بەڵێ چەن شوێنێ جیاکراونەتەوە کە نەهی کراوە لە نوێژکردن تیایاندا ؛ وەکوو : شوێنی پەیینو خەوشو خاڵو ، قەسابخانەو، سەرەرێگەو ، حەمامو ، شوێنی راوەستانی وشترو ، شوێنی داگیرکراوو ، قەبرستان •

وە لە لای شافیعییەکان نوێژکردن لـــە گۆڕستاندا کەراهەتی هەیە ، خوای گۆڕەکان لە بەردەمەوە بن یا لە پشتەوە یا لە لای راست یا لەلای چەپ • گۆڕی پێغەمەرانو شەهیدان نەبێ ئەوە نوێژیان تیا مەکرووهـ نیـە ئەگەر مەبەستی گەورەکردنو رێزگرتنی ئەو گۆڕەو خاوەن گۆڕەکە نەبێ ، ئەگەرنا حەرامە •

بەڵام نوێژ لە سەر گۆڕێك کە هەڵوەشابێ ، واتە خاکی لەشی مردوە رزیوەکە کەوتبێتە سەر زەوی ئەوە حەرامەو نوێژەکە بەتاڵە ؛ چونکە ئـەو شوێنە پیسە • ئەمە ئیجتیهادی ئیمامی شافیعییە •

وە ئەبوحەنیفە فەرموویەتی : نوێژ لە گۆڕستانـدا کەراهەتی هەیـە ئەگەر گۆڕەکە لەبەردەمی نوێژکەرەکەدا بێ بە جۆرێ کاتێ کە نوێژێ بکا بە وێنەی ئەهلی خوشووع چاوی بکەوێتە سەر گۆڕەکە ؛ بەلام ئەگەر لە پشتیەوە ، یا لە تەنیشتیەوە ، یا لە ژێرەوە بێ ؛ یانی نوێژکەرەکە لەسەرخانا **بێو گۆڕەکە لە ژێرخانا بێ ئەوە کەراهەتی نیە • وە کەراهەتی گۆڕسـتان بۆ نوێژتێداکردن** لەوەدایە کە جێگەیەکی پاك جیا نەکرابێتەوە بۆ نوێژکردن، ئەنا ئەگەر ئەوە کرابێ هیچ کەراهەت نیە •

وە لەگەڵ ئەوەدا هەموو مزگەوتێ ماڵی خودایەو بۆ عیبادەت ئەشێ خودا چەن مزگەوتی بە **زیادەپیرۆزیو زیادەڕێز جیاکردەوە :**

یەکەم : (مسجد الحرام) کەعبەو دەوری کەعبە • خودا فەرموویەتی : (ان اول بیت وضع للناس للذی ببكة مباركا وهدی للعالمین فیه آیات بینات مقام ابراهیم ؛ ومن دخله كان آمنا ؛ ولله علی الناس حج البیت من استطاع الیه سبیلا) •

لەم ئایەتانەدا حەوت صیفەتی گەورە دەرئەکەوێ •

هۆدەو خانـووی عیبادەتـەو ، هـۆی هیـدایـەتی عالـــەمەو ، چەن نیشانەی گەورەیی تێدا هەیە وەکوو : زەمزەمو ، حیجری ئیسماعیلو، مەقامی ئیبراهیم • وە هەرکەس بڕواتە ناوی ئەمین ئەبێ •

وە موسوڵمان ئەڕۆن تەوافی ئەکەن بە حەجو بە شێوەی عومرە وەکوو مەعلوومە •

دووهەم : مزگەوتی حەزرەت ــ د ــ و مزگەوتی (قبـاء) • ئـەم مزگەوتی قوبایە (**لمسجد اسس علی التقوی من اول یوم احـق ان تقوم فیه ،**

فیـــه رجـــال یحبون ان یتطهـــروا ، واللە یحب المتطهرین •) ی دەربارە هاتوەتەخوارەوە •

وە دەربارەی مزگەوتی حەزرەت لە صەحیحی موسلیمدا ئەفەرموێ : ئەبوسەعید پرسیاری کرد لە حەزرەت : کام مزگەوتەیە کە لەسەر بناغەی تەقوا دروستکراوەو دامەزراوە لە یەکەم رۆژەوە ؟ پێغـــەمەریش ـــ د ـــ مشتێ وردەبەردی هەڵگرتو دای بە خاکی مزگەوتەکەداو فەرمووی : ئەم مزگەوتانە • یانی ئایەتەکە تایبەت نیە بە مزگەوتی قوباوە •

سێهەم : (مسجد الاقصی) مزگەوتی پیرۆزی قودس • خودا فەرموویەتی: (سبحان الذی اسری بعبده لیلا من المسجد الحرام الی المســجد الاقصی الذی بارکنا حوله لنریه من آیاتنا انه هو السمیع البصیر) •

خودا ئەو مزگەوتەی جیاکردەوە بەوە کە کردی بە جێگەی شەوڕەویو جێگەی ئارامگرتنی حەزرەت تیایا لە کاتی شەوڕەویداو کردی بە سەرەتای میعراجو ، حەزرەت لەو مزگەوتەوە سەرکەوت بۆ ژووری ئاسمانەکان لـــە میعراجا •

وە ئەم مزگەوتانە بە گوێرەی ئایەتو حەدیث تایبەتکراون بە گەلێ رێزو پیرۆزی • لە گەورەتری ئەوانە ئەمەیە کە کاری خێرو چاکـــەو نوێـــژ لەواندا پاداشی چەن قاتە • دەربارەی ئەم مەبەســـتە پێغـــــەمەر ـــ د ـــ فەرموویەتی : کۆچو بار رێكناخرێ بۆ لای سێ مزگەوت نەبێ : (مســـجد الحرام)و (مسجد الاقصی)و مزگەوتی پێغەمەر لە مەدینە • وە مەبەس لـــە کۆچو بار رێخستن بۆ نوێژکردنە نەك بۆ کردەوەی خێرو چاکە ؛ چونکە کۆچو بار بۆ غەزاو ، فێربوونی زانیاریو ، بەجێهێنـــانی خزمـــایەتیو ، بازرگانیو ••• رێكئەخرێو ئەمانەیش زیاد لەو سێ مزگەوتەن •

وە پێغەمەر فەرموویەتی : یەك نوێژ لەم مزگەوتی منەدا چاکترەو خێری هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تری هەیە (مسجد الحرام) نەبێ •

وە لە ئەنەسەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمەر ــ د ــ فەرموویەتی : کەسێ لەسەر یەك چل نوێژ لەم مزگەوتی منەدا بکا ،وێژێکی نەچێ رزگاربوونو بێبەشی لە ئاگری دۆزەخ بۆ ئەنووســـرێ ، هــەروەها لــە دووڕوویی پاك‌ئەبێتەوەو رزگار ئەبێ •

وە پێویستە بزانن ئەم رێزو پیرۆزییە تایبەتی نەفسی شوێنەکانو جێگە مزگەوتەکانە ، ئەگەر وا نەبێ ئەبینین لە بارەی شـــارەزاییو زانیـــاری پێش‌نوێژی مزگەوتەکانی دیکەوەدو ، پیاوچـــاکی نوێژکەرەکانیانەوەو ، فەرەبالّغیو زۆری نوێژکەرەکانو ، شتگەلی دیکەی وەکوو پاك‌وخاوێنیو ئامادەیی گەلێ شت لە مزگەوتەکانی تردا وەك ئاسایشی نوێژکەران •• ئەگەر یەکێ باش سەرنج بدا گەلێ مزگەوت هەیە پایەو پلەیان بەسەر مزگەوتەکانی دیکەدا هەیە • جا عەیبی شەرعی نیە ئەگەر یەکێ بڕوا بۆ هەندێ مزگەوت کە ئەو لایەنانەی تێدا بێ لەسەر ئەو مەرجانە لەشەرعدا بەیان‌کراون •

وە ئەحکامی مزگەوت زۆرنو پێویستە هەموو موسولّمانێ بیانزانێ بە تایبەتی گرنگەکانیان ؛ وەك : حەرامە رێگەی منداڵی نەفامو ، شـێتو ، حەیواناتو ، ژنی بێ‌نوێژو ، زەیسانو ، ئینسانی سـەرخۆش بدرێ بۆ چوونەمزگەوت • وە حەرامە رێگەی کافر بدرێ بچێتە ناو مزگەوتەوە ئەگەر مەصلّەحەتێك لە ئارادا نەبێ ؛ وەکوو ئەوە گوێ لە حـەدیثو قورئـانو ئامۆژگاری ئایینی رابگرێ • وە حەرامە ماڵی وەقف لە زەخرەفەو جوانکردنی مزگەوتا خەرج‌بکرێ • وە کەراهەتی هەیە یەکێ خواردنێکی بۆن ناخۆشی وەك : سیرو ، پیازو ، تووری ••• خواردبێ بچێتە ناو مزگەوتەوە ، یـان

هەیوانێکی مزگەوت کە نوێژی جەماعەتی تێـدا بکرێ • وە حــەرامە بەکارهێنانی مزگەوت بۆ کارو پێشەی پیس وەکوو پینەچێتی • وە حەرامە تفەو بەڵغەم کردنە ناو مزگەوت یان فڕەدانی بۆ دیواری مزگــەوت • وە حەرامە بانگەوازو جاڕدان لە مزگەوتداەوە دەرسوتنەوەو ئیرشادو ڕێنومایی‌و خوێندنەوەی شیعری ڕەوا ••• دروستن بە مەرجێ کار نەکەنە ســەر نوێژکەر •

(وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللهِ يَدْعُوهُ ، كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا) (١٩)

وە بڵێ : وەحی‌کراوە بۆ لای من ئەمە کاتێ بەندەی خودا کە محەمەدە بەندەیی بۆ خودای خۆی ئەکرد ئەو چەن کەسە لە جینەکان کە لە بەطن‌و نەخلە پێی گەیشتن ئەوەندە ئارەزوویان لە بیستنی قورئان بوو نزیك بوو ببن بە پارچەگۆشتی بەدەنی ئەو •

لەسەر ئەم مەعنایە ئەبێ ئەم ئایەتە پەیوەندی بە هاتنی جینەکانەوە بێ لە جاری یەکەمدا بۆ خزمەتی حەزرەت •

وە هەندێ تر وایان مانا لێداوەتەوە : کاتێ حەزرەت هەڵئەستاو باسی خودای ئەکرد لەوانەبوو ئەو جنییانە کە حەزرەت چووبوو بۆ تەبلیغاتیان•• لەوانەبوو لەبەر قەرەباڵغی‌و چوونەپێشەوە ببن بە پارچەیێ لــە لەشــی حەزرەت •

قورطوبی لە تەفسیرەکەیا ئەڵێ : لە ئیبن‌ومەسعوودەوە دەگێڕنەوە کە حەزرەت ــ د ــ فەرمووی : فەرمانم پێدراوە قورئان بەســەر جیننــا بخوێنمەوە ، دەی کێ لەگەڵما دێ ؟ هەموو بێدەنگ بوون ، جارێ تــر

ئه‌وه‌ی فه‌رموو ، هه‌م بێ‌ده‌نگ بوون ، جاری سێهه‌م ئه‌وه‌ی فه‌رموو ، جا ئیبن‌ومه‌سعوود ئه‌ڵێ : من وتم : من دێم له‌گه‌ڵتا • جا حه‌زره‌ت که‌وته رێ هه‌تا گه‌یشته (حجون) لای (شعبی ابو دب) ـ گۆڕی ئامینه‌ی دایکی حه‌زره‌ت له‌وێدایه ـ له نزیکی مه‌که‌دا . له‌وێدا حه‌زره‌ت خه‌تی به ده‌ورما کێشاو فه‌رمووی : له‌م خه‌ته ده‌رنه‌چی ، پاش ئـه‌مـه ئه‌ندازه‌یێ بـه‌ره‌و (حجون) رۆیشت جا جین داپه‌ڕین‌و هاتن بۆ لای‌و به پێ به‌ردیـان تـل ئه‌کرده‌وه‌و ، به ده‌م ده‌فلێدانه‌وه ، وه‌ك چۆن ژنان ده‌ف لێ ئه‌ده‌ن ، بـه رێگه‌دا ئه‌ڕۆیشتن ، هه‌تا ده‌وری حه‌زره‌تیان گرت‌و داگیریان‌کرد ، له‌وێدا من حه‌زره‌تم نه‌ده‌بینی • منیش له جێگه‌ی خۆم راسته‌وه‌بووم . حه‌زره‌ت ئیشاره‌ی بۆ کردم که له جێگه‌ی خۆما دابنیشم •

جا حه‌زره‌ت ده‌ستی کرد به قورئان‌خوێندن ، ئه‌و هه‌ر ده‌نگی بـه‌رز ئه‌کرده‌وه‌و جنۆکه‌کان خۆیان ئه‌لکان به زه‌ویه‌وه ، به حاڵ من ئه‌وانم ئه‌دی • جا دوای ته‌واوبوونی ئه‌و دانیشتنه حه‌زره‌ت هات بۆ لام فـه‌رمووی : ئه‌تویست بێیت بۆ لام ؟ وتم : به‌ڵێ ئه‌ی پێغه‌مه‌ری خودا • فه‌رمووی : له‌و کاته‌دا ئه‌وه بۆ تۆ نه‌ده‌کرا • ئه‌وانه جین بوون هاتبوون قورئان لـه من ببیسن • ئه‌وان دوازده هه‌زار که‌س بوون ، خه‌ڵکی جـزیره‌ی (موصل) بوون •

وا دیاره ئه‌م کاره ماوه‌یێ پێش کۆچی حه‌زره‌ت بۆ مه‌دینه روویدابێ‌و عه‌بدوڵڵای کوڕی مه‌سعوود له‌م کاته‌دا له‌وێ بووه •

وه‌کوو له‌مه‌وپێش نووسیم جاری چواره‌م دوای کۆچی حه‌زره‌ت له مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره‌دا بوه • وه وه‌کوو شـه‌هابی خه‌فاجی فه‌رمووی کـه حه‌زره‌ت شه‌ش جار جینه‌کانی دیوه له‌وانه‌یه ئه‌و دوو جاره‌یش له مه‌دینه‌دا بووبێ •

(قل : إنّما أدْعُو رَبِّي ولا أُشْرِكُ بِهِ أحَداً (٢٠) قُلْ : إنّي لا أمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً ولا رَشَداً (٢١) قُلْ : إنّي لَنْ يُجِيرَنِي مِنَ اللهِ أحَدٌ ، ولَنْ أجِدَ مِنْ دونِهِ مُلْتَحَداً (٢٢) إلاّ بَلاغاً مِنَ اللهِ ورِسالاتِهِ ، ومَنْ يَعْصِ اللهَ ورَسولَهُ فإنَّ لَهُ نارَ جَهَنَّمَ خالِدِينَ فِيها أبداً (٢٣) حَتّى إذا رَأوْا ما يُوعَدُونَ ، فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أضْعَفُ ناصِراً وأقَلُّ عَدَداً)(٢٤)

ئەی پێغەمەری خۆشەویست ! بڵێ : هەر بانگ لە خودای خۆم ئەکەم، هاوبەش‌و هاوکارو هاوڕێی بۆ بڕیار نادەم • وە تۆ بڵێ : من هیــچ زیان‌و سوودێکم بە دەست نیە بۆ ئێوەو هەرچیتان تووش ببێ‌و پێتان بگات لـە خوداوەیەو لە دەستەلاّتی مندا نیە •

تۆ بڵێ : بێگومان کەس من پەنا نادا لە قاری خوداو بێجــگە لە خودا پەناو پشتم دەست‌ناکەوێ • ئەوەندە نەبێ ڕاگەیاندنی ئایینم پێ‌سپێرراوەو ئەوەندەم پێ‌ئەکرێ فەرمانی خودا بە بەندەکانی ڕابگەیەنم‌و • پەیــامی پێغەریم پێ سپێرراوە • واتە : من بە‌س بە فەرمانی خودا خاوەنی صیفەتی زاتی ریسالەتم لە لای خوداوە • وە خاوەنی گەیاندنی فەرمانەکانی ئەوم • جا هەرکەسێ فەرمانبەری خودا ئەکا ئەوە خاوەنی بەهەشتەو بەهەشـــت جێگەیەتی‌و ، هەرکەسێکیش لە خوداو پێغەمەری خودا یاخی ئەبێ ئەوە ئاگری دۆزەخ بەشیەتی‌و تیائەمێنێتەوە هەتا هەتایە •

جا واز بێنە با ئەو کافرانە لەسەر ئەو دەمارە وشکی خۆیانە بڕۆن هەتا ڕۆژێ دێت کە چاویان بەو سزا ئەکەوێ کە لە لای خوداوە بەڵێنیـــان پێدراوەو بۆیان دانراوە • جا لەو کاتەدا تێ‌ئەگەن کێ یارمەتیدەری کەمەو لاوازو بێ‌کەسەو ژمارەی دۆستانی کەمە •

(قُلْ : إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ ما تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَـهُ رَبِّي أَمَداً؟ (٢٥) عالِمُ الغَيْبِ فَلا يُظْهِرُ عَلى غَيْبِهِ أَحَداً! (٢٦) إِلاَّ مَنِ ارْتَضى مِنْ رَسُولٍ . فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ ومِنْ خَلْفِهِ رَصَداً (٢٧) لِيَعْلَمَ أَنْ قَدْ أَبْلَغُوا رِسـالاتِ رَبِّهِمْ وأَحاطَ بِما لَدَيْهِمْ . وأَحْصى كُلَّ شَيْءٍ عَدَداً) (٢٨)

تۆ بفەرموو : من نازانم ئایا ئەو سزا کە وادەی دراوە پێتان ، یا ئـەو رۆژی قیامەتە کە بە سزاکەی ترسێنراون نزیکە یاخود خودا ماوەیەك دوای ئەخاو درێژەی پێ ئەدا !

ئـەو پەروەردگاری منە زانای پەنامەکی تایبەتییەکانی هاتنی ئـەو رۆژدیەو . ئەو پەرودردگارد کەس لەم پەنامەکیە تایبەتییانە ئاگادار ناکا . کەسێ نەبێ کە خۆی بیەوێ وەکوو پێغەمەرێ لە پێغەمەران : ئەوە خودا لە بەردەمیەوەو لە پشتیەوە چەن پاسەوانێ رەوانەئەکا ئەو پێغەمەرە ئەپارێزن لە زیانی شەیاتینەکان : تا باش عیلمی خودا تەعەللوق ببەستێ بەوەوە کە ئەو پێغەمەرانە پەیامی خودای خۆیان گەیاندوە بە خەڵكو خودا ئیحاطەی داوە بەوەدا لە لای ئەوانە لە زانیاریو ، هەموو شـــتێکی ژمـــارەکردوەو ئاگاداریانە .

خاوەنی تەفسیری بەیضاوی لەم جێگەدا ئەفەرموێ : ئایەتی (فلا یظهر علی غیبه احدا ، الا من ارتضی من رسول)کراوە بە بەڵگە لەسەر ئـەوە (کەرامەت) نیەو داوای بوونی کەرامەت پووچو بەتاڵە : چونکـە خودا فەرمووی : خودا کەس لەسەر غەیبو پەنامەکی خۆی ئاگادار ناکا کەسێ نەبێ لە پێغەمەران کە خودا خۆی بیەوێ ئاگاداری بکا .

وەڵامی ئەم قسە بە چەن جۆرە :

یەکەم : ئەڵێین : مەبەست لە (رسول) لێرەدا فریشتەیە • واتە : کەس ئاگاداری غەیبی خۆی ناکا ئەو کەسە نەبێ کە خۆی بیەوێ لە فریشتە • جا ئەو فریشتە پاش ئاگاداری خۆی بە فەرمانی خودا هەواڵ ئەدا بە پێغەمەرانو بە پیاوچاکان •

دوەم : مەبەس لە ئاگادارکردن لەسەر پەنامەکی ئەوەیە ئاگادارکردنەکە راستەوخۆ لە خوداوەو بە بێ کەسێ تر بێ ؛ ئەم جۆرە ئاگادارکردنەوە لە پەنامەکییە هەر بۆ پێغەمەران دروستەو بەس • وەکوو خودا راستەوخۆ بە بێ فریشتە لە کێوی (طور) ا لەگەڵ حەزرەتی مووسادا و ، لە میعراجا لەگەڵ حەزرەتی محەمەدا قسەی کرد • بەڵام کەرامەتی ئەولیاو پیاوچاکان بە هۆی فریشتەوەیە • ئەمە قسەکەی ئەو •

هەندێ تر وەڵامی ئەم ئایەتەیان وا داوەتەوە کە مەبەس لە جوملەی (ولا يظهر على غيبه) ئاگادارکردنەوە بەسەر زۆربەی غەیبیاتایە • وەکوو لە (اظهار) دەرئەکەوێو . کەرامەتی ئەولیا ئەو ئەندازە زۆرە نیە •

وە هەندێ تر ئەڵێن : ئەم (غیب)ە لێرەدا مەبەس زانینی کاتی هاتنی پاشەڕۆژە بە نیشانەی (وان ادری اقريب ما توعدون ••• تا عالم الغيب••)

وە هەندێ تر ئەڵێن : ئەم (قەصر)ە (اضافي)یە ، واتە هەر پێغەمەران ئاگادار ئەکا نەك ئەستێرەناسو (کاهن)و نموونەی ئەوان • ئیتر مەبەس ئەمە نیە کە کەسێ تر ئاگادار ناکا ؛ چونکی زانینی پەنامەکی بە ئاگادارکردنو فێرکردنی خودا بۆ زۆر کەسە • (يختص برحمته من يشاء) •

وە هەندێ تر فەرموویانە : ئیضافەی غەیب بۆ لای ضەمیری باری تەعالا موفیدی غەیبێکە غەیری خودا هۆیەك نەبێ بۆ زانینی • واتە مەبەس

ئەو غەیبانەیە کە نیشانەو کەرەسە بۆ زانینی ببێ وەکوو جیهازی سەیرکردنی منداڵدانی ئافرەتو ، هەوای ئاسمانو ، دووربینی دۆزینەوەی ئاوی بیری دوور ... بەڵکو لەو غەیبانە بێ کە زۆر تاریك بێ وەکوو زانینی بەهەشتو دۆزەخو (سدرة المنتهی)وە ئەم جۆرە غەیبانە دەرناخا بۆ رەسووڵ نەبێ . بەڵام غەیبیاتەکانی تر وەکوو ئەو نسوونانە ئەوە بە گەلێ کەسی ئەدا! .

وە هەندێ کەس وتوویانە : (یظهـر) فیعلی موضـــاریعەو . بۆ ئیستیمرارەو نەفیەکە روو ئەکاتە ئەو فیعلە (مستمر)ە . واتە هەمیشەو بـە ئیستیمرار غەیب دەرناخا بۆ رەسوول نەبێ ، بەڵام غەیری رەسوول ئـەوە غەیبی نیشان ئەدا بەڵام جارجار نەك هەمیشە .

سوورەتی (مزمل) لە سوورەتــە مەکەییەکانە ، ئایەتەکانی ١٠ و ١١ و ٢٠ نەبێ ئەوانە مەدەنین ، بیســت ئایەتە ، دوای سوورەتی قەلەم هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يا اَيُّهـا المُزَّمِّلُ ! (١) قُمِ اللَّيْلَ اِلاَّ قَلِيلاً : (٢) نِصْفَهُ ،
اَوِ انْقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً (٣) اَوْ زِدْ عَلَيْــهِ ورَتِّلِ القُــرْآنَ تَرْتِيلاً) (٤)

واتە ئەی کەسێ کە بە نوێنی نوستنی شەو خۆت پێچاوەتەوە ! شــەو هەستە بۆ نوێژ. یاخود ئەی کەسێ کە خۆت بە بەرگی رەهبەری پێچاوەتەوەو کراوی بە پێشەوای ئادەمیزادو پەری لە بەندەیی‌کردن‌و لە رەوشــتا ! لــە شەودا هەستە بۆ شەونوێژو ماوەیەکی کەم نەبێ هەر شــەونوێژ بکە ؛ ئەو ماوەیش نیوەی شەوبێ . واتە نیوەی بۆ شەونوێژو نیوەکەی تریشی بـۆ خۆت ، یاخود نیوەکەی خۆت کەمێکی زیاد بێ لە نیوەکەی دیکەو بەشــی شەونوێژەکە کەمتر بێ . وە لە شەونوێژەکەتا قورئانی پیرۆز بخوێنە بــە شێوەی تەرتیل ؛ یا لە هەموو کاتێکی قورئان‌خوێندندا بە تەرتیل ؛ واتە بە ئارامی‌و مۆڵەت‌و لەسەرخۆو بێ پەلەپەل قورئان بخوێنە . با حەرفەکان‌و صیفەتەکانیان‌و ئەداکەیان رەسابێ‌و گوێگر باش کەئکیان لێ‌وەربگرێ .

لە سەعدی کوڕی هیشامەوە دەگێڕنەوە ئەڵێ : وتم بە عائیشــــە ــ دایکی موسوڵمانان ــ : هەواڵم پێ بدە لە شەونوێژی حەزرەت ــ د ــ . ئەویش فەرمووی : ئایا سوورەتی (یا ایها المزمل) ناخوێنیتەوە ؟ وتم : بەڵێ.

فەرمووی : دەی خودا شەونوێژی لە سەرەتای ئەم سوورەتەوە فەرزکرد ، جا حەزرەتو یارانی ئەونە شەونوێژیان کرد هەتا پێیان ئاوسا •

ئیتر کۆتایی سوورەتەکە تا دوازدە مانگ نەهاتەخوارەوە . لە پاشـــا کۆتاییەکەی هاتەخوارەوەو ئەو ئەرکە سووکـکراو شەونوێژ لەسەر خۆیو یارانی بوو بە سوننەت دوای ئەوە کە فەرزبوو •

وە ئەبوموندیرو ئیبنو جەریر لە ئەبوعەبدورەحمانی ســـەلەمییەوە دەگێڕنەوە فەرمووی : کاتێ کە (یا ایها المزمل)هاتە خوارەوە حەزرەتو یارانی هەستان بۆ شەونوێژ هەتا ماوەی ساڵێ هەتا (فاقْرَؤُا ما تَيَسَّرَ مِنَ القُرْآنِ) •

هاتە خوارەوە •

(اِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً (٥) . اِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ اَشَدُّ وَطْئاً وَاَقْوَمُ قِيلاً (٦) . اِنَّ لَكَ فِي النَّهارِ سَبْحاً طَوِيلاً) (٧)

چەندتان بۆ کراو توانیتان قورئان بخوێننەوە . ئێمە لەمەولا وتارێکی قورسو بەنــرخو بایەخــدار بۆ تۆ دەنێرین وەکوو قورئان بێو قورئان فێربوونو فێرکردنی ئەویش بۆ خۆتو پەیڕەوەکانت . وە ئــەرکی وەهــا هێزی دڵو نوورانیەتی رۆحی ئەوێ ئەوەیش بە یادو زیکری خودا ئەبێو ، شەونوێژ لەو یادانەیە کە یارمەتی ئینسان ئەدا بۆ هەڵگرتنی ئەرکی گرانو هەستانی ئینسان لەشەواو وازهێنان لە نوستن کە هەمووی ئاسایشە زەحمەتی زۆرترەو گرانترە لە بەندەیی‌کردن لە رۆژداو . دامــەزراوترە لــە بارەی خوێندنەوەی قورئانەوە لەبەر ئەوە کە کاتی ئارامیو خــاڵیێتی دڵــەو لەو

کاتانەدا باشتر بەندەیی خودا دەکرێو خودا باشتری وەرئەگرێو ئەمەیش ئەبێ بە هۆی ئەوە کە داوای شەونوێژت لێبکرێ لەبەر گەیشتن بەو پاداشە • وە لە کاتی ڕۆژا مەیدانو ماوەیەکی درێژ بۆ هاتوچۆ هەیەو ئەتوانی قەرەبووی زەحمەتی شەونوێژەکەت بکەیتەوە بە ئاسایشو نوستنو هاودەمیی خۆشەویسنان •

(واذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وتَبَتَّلْ اِلَيْهِ تَبْتِيلاً (٨) رَبُّ المَشْرِقِ والمَغْرِبِ ، لا اِلهَ اِلاّ هُوَ فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً (٩) واصْبِرْ عَلى ما يَقُولُونَ ،واهْجُرْهُمْ هَجْراً جَمِيلاً (١٠)وذَرْنِي والمُكَذِّبِينَ اُولِي النَّعْمَةِ ومَهِّلْهُمْ قَلِيلاً) (١١)

وە دەوام لەسەر یادی ناوی خودای خۆت بکە بە شەوو ڕۆژو دەسبەرداری خەریکبوون بە غەیری خوداوە بە بە دەسبەرداربوون • واتە بە تەواوی خۆت بۆ خودای خۆت ساغبکەرەوە بە دەوامی یادی خودای خۆتو مەشغووڵبوون بە تاعەتەوە •

ئەو خودایە خودای خۆرهەڵاتو خۆرنشینە ؛ هیچ پەرەستیارو بەندەییبۆکراوێ نیە ئەو نەبێ • دەی بیکە بە جێگەی پەناو پاڵپێوەدانی خۆتو خۆت بگرە لە بەرابەری ئەو قسە بێ مەعنایانەدا کە ئەوان بەرابەر بە خودا ئەیانکەن • وە لەو کافرانە دوور بکەوەرەوە بە دوورکەوتنەوەیەکی جوان لەگەڵ مودارایەکی پیاوانەدا • وە لێم گەڕێ بۆ ئەو بێ باوەڕانە کە خاوەنی نازو نیعمەتنو تۆزێ مۆڵەتیان بدە ؛ جا بزانە من چییان لێ ئەکەم •

(اِنَّ لَدَیْنا اَنْکالاً وجَحِیماً (١٢) وطَعاماً ذا غُصَّةٍ ، وعَذاباً اَلِیماً (١٣) یَوْمَ تَرْجُفُ الأَرْضُ والجِبَالُ ، وکانَتِ الْجِبالُ کَثِیباً مَهِیلاً) (١٤)

به راستی له لای ئێمه کۆت‌و زنجیرو سزای دۆزه‌خی به ته‌ئثیر هه‌یه ، هه‌روه‌ها له لای ئێمه هه‌یه خوارده‌مه‌نییه‌کی وا که له گه‌روودا ده‌گیرێ‌و قووت ناچێ‌و سزایه‌کی سه‌خت‌و به ئازار بۆ ئه‌و کافرانه هه‌یه له‌و رۆژه‌دا که زه‌وی ئه‌که‌وێته زه‌لزه‌له‌و بومه‌له‌رزه‌و کێوه‌کانیش له‌گه‌لیـــا ده‌که‌ونــه هه‌شۆکه‌و ، له‌و رۆژه‌دا کێوه‌کان ئه‌بن به کۆگا لمێکی بلاوه‌بوو بۆ هه‌وا •

(اِنَّا اَرْسَلْنَا اِلَیْکُمْ رَسولاً شَــاهِداً عَلَیْکُمْ کَمــا اَرْسَلْنَا اِلی فِرْعَوْنَ رَسولاً (١٥) فَعَصی فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فاَخَذْناهُ اَخْذاً وَبِیلاً) (١٦)

به راستی ئێمه پێغه‌مه‌رێکمان ناردوه بۆ لای ئێوه که شایه‌ته له‌ســه‌ر کرده‌وه‌تان له دنیاداو . له پاشه‌رۆژیشدا شایه‌نیتان له‌سه‌ر ئه‌دا ، وه‌کوو چۆن پێغه‌مه‌رێکی خاوه‌ن عه‌زه‌و هیبه‌تمان نارد بۆ لای فیرعه‌ونی ناسزاو . بۆ لای ده‌سته‌که‌ی فیرعه‌ون • فیرعه‌ونیش نافه‌رمانی پێغه‌مه‌ره‌که‌ی کردو یاخی بوو ، جا گرتمان به گرتنێکی به‌تینی ناهه‌موار ، ده‌ی وه‌کــوو فیرعـــه‌ون بـــه سه‌رسه‌ختی خۆی له ده‌ستمان ده‌رنه‌چوو ئێوه‌یش وه‌ها ناتوانن له ده‌ستمان ده‌رچن •

(فَکَیْفَ تَتَّقُونَ ــ اِنْ کَفَرْتُمْ ــ یَوْمــاً یَجْعَــلُ الْوِلْدانَ شِیباً ؟ (١٧) السَّماءُ مُنْفَطِرٌ بِــهِ . کانَ وَعْـــدُهُ

مَفْعولاً (١٨) اِنَّ هذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَنْ شاءَ اتَّخَذَ اِلى رَبِّهِ سَبِيلاً) (١٩)

جا ئەگەر ئێوە کافر ببن چۆن خۆتان ئەپارێزن لە سزای رۆژێکی درێژی ناباری وا کە منداڵان پیر ئەکاو ئاسمان بەو رۆژە کەرت ئەبێ ؟ واتە بە هۆی عەلاقەی ئیرادەی خوداوە لەو رۆژەدا •

وە هەر وەعدەیێ خودا دابێتی دێتەجێ . ئەمەی بە ئێوەم گەیاند دەرزو پەندو ئامۆژگارییەکە خوداتان بیرئەخاتەوە ئەگەر خاوەن دڵ بن‌و هەستی بیرکردنەوەتان بێ • جا هەرکەسێ ئەیەوێ بگات بە رەزای خودا با رێگەیەکی راستی رەوان لە فەرمانبەری‌و بەندەیی خودا بگرێ‌و بڕوا بۆ لای خودای خۆی •

(اِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ اَنَّكَ تَقُومُ اَدْنى مِنْ ثُلُثَي اللَّيْلِ ، ونِصْفَهُ ، وثُلُثَهُ ، وطائِفَةٌ مِنَ الَّذِينَ مَعَكَ . واللهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ والنَّهارَ ، عَلِمَ اَنْ لَنْ تُحْصُوهُ ، فَتابَ عَلَيْكُمْ ، فَاقْرَؤُا ما تَيَسَّرَ مِنَ القُرْآنِ ، عَلِمَ اَنْ سَيَكُونُ مِنْكُمْ مَرْضى ، وآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الأَرْضِ ، يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللهِ ، وآخَرُونَ يُقاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ ، فَاقْرَؤُوا ما تَيَسَّرَ مِنْهُ ، واَقِيمُوا الصَّلاةَ وآتُوا الزَّكاةَ ، واَقْرِضُوا اللهَ قَرْضاً حَسَناً ، وما تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللهِ هُوَ خَيْراً واَعْظَمَ اَجْراً ، واسْتَغْفِرُوا اللهَ ، اِنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) (٢٠)

بێگومان خودای تۆ ئەزانێ کە تۆ شەونوێژ ئەکەی هەتا ماوەیێ کە لە دوو بەشی شەو کەمترەو ، بازێ جاریش تا نیوەی شەوو ، هەندێ جاریش

تا سێیه‌کی شه‌و ، وه کۆمه‌ڵێکیش له‌وانه که وان له‌گه‌ڵتا به‌شـــداری تـــۆ ئه‌که‌ن له‌م شه‌ونوێژه‌دا . وه خودا زانایه به ئه‌ندازه‌ی شه‌وو رۆژو ، هه‌روا زانایه به‌وه که ئێوه ناتوانن وه‌ختو کاته‌کان بگرن هه‌تا که‌م‌و زیاد نه‌که‌ن‌و، ناتوانن وا رایان‌بگرن که که‌م‌و زیاد نه‌که‌ن له‌و ئه‌ندازه که شه‌ونوێژیان تێدا ئه‌که‌ن . یاخود زانایه به‌وه که ناتوانن ئه‌م کاتانه به ته‌واوی داگیربکه‌ن‌و ، بیکه‌ن به پاسای مانه‌وه‌تان له شه‌ونوێژدا . وه خودا گه‌ڕایـه‌وه بۆ لای ئێوه‌و به میهره‌بانی بۆی روانین‌و ، به‌خششی رژان به‌سه‌رتاناو . به‌خشینی له‌و دیاریکردنی کاتی شه‌ونوێژه‌و خاترخۆی کردن تیایا . ده‌ی هه‌رچه‌ندتان بۆ ئه‌کرێ به ئاسانی‌و به ئاره‌زووی خۆتان شه‌ونوێژ بکه‌ن . خودا ئه‌زانێ که له‌مه‌ولا هه‌ندێکتان نه‌خۆش ئه‌بن‌و ، هه‌میشه تواناداروو به‌ده‌سته‌ڵات نابن‌و ، وا ئه‌بێ که هه‌ندێکتان به هۆی ناساغییه‌وه هه‌موو شه‌ونوێژه‌کانتان بۆ به‌ڕێوه ناچێ . وه ئه‌زانێ کۆمه‌ڵێ ترتان هه‌یه بۆ کاسبی‌و بازرگانی ئه‌ڕۆن به زه‌ویداو داوای به‌ش‌و به‌هره‌و رۆزی له خودا ئه‌که‌ن . جا له‌و کاتانه‌دا که له سه‌فه‌ردان‌و خه‌ریکی کاسبین ناتوانن به شه‌وا شـــه‌ونوێژ بکه‌ن . وه **هه‌ندێکی دیکه‌تان له رێگه‌ی خودادا جه‌نگ ئه‌که‌ن‌و ئه‌ڕۆن بۆ غه‌زا . وه** که‌سێ به‌و کاره پیرۆزه‌وه خه‌ریك بێ ناتوانێ شـــه‌ونوێژ بکا . ده‌ی له شه‌وه‌کانا به خاترخۆیی خۆتان ئه‌وه‌نه به ئاسانی بۆتان رێکه‌وت شه‌ونوێژ بکه‌ن‌و . هه‌میشه‌و له هـــه‌موو کاتێکدا نوێژه فه‌رزه‌کان به‌جێ‌بێنن . وه زه‌کاتی ماڵتان بده‌ن به‌وانه خاوه‌ن به‌ش‌ن‌و زه‌کاتیان پێ‌ئه‌شێ . وه قه‌رزیش بده‌ن به خودا به قه‌رزی جوانی وا که لـــه کـــانی ده‌روونی خۆتانه‌وه بێ فه‌رزکردن له لایه‌نی خوداوه بیده‌ن به داماوان . **به بێ ئه‌وه‌ی چاوه‌ڕوانی** سوپاس‌و ده‌سته‌وام بن له لایه‌نی ماڵ‌وه‌رگره‌که‌وه : نان بده‌ن بـــه داماو . میوانداری بکه‌ن ، خزمه‌تی بێوه‌ژن‌و هه‌تیوبارو داماو بکه‌ن ... وه هه‌رچی

ئێوە پێش خۆتانی بخەن لە ماڵی دنیا لەبەر ڕەزای خودا ئەوە لە لای خوداوە دەستتان ئەکەوێتەوە . واتە پاداشتان دەست ئەکەوێتەوە بە باشتر لەوەی لە ڕێگەی خودادا داوتانە بە خەڵك ، وە بە گەورەتر لە بارەی پاداشەوە لە ماڵە خەرج کراوەکەی خۆتان • وە داوای بەخشش‌و چاوپۆشی بکەن پاش ئەو قەرزدانە نەکا بە (ریا)و بەرچاوێتی یا بە خەیاڵێکی نابار ئەو ماڵەتان خەرج کردبێ‌و پاداشەکەتان لە کیس بچێ • بە ڕاستی خودا تاوانبەخش‌و میهرەبانە •

بزانن ! ئایەتی (ان ربك یعلم انك تقوم •••) لە بەرانبەری ئایەتی (قم اللیل الا قلیلا : نصفه او انقص منـــه قلیلا •••)وەیە • وە لەم ئایەتەدا فەرماندراوە بە شەونوێژ بە یەکێ لە سێ جۆر : یا نیوەی شـــەو ، یـا ئەندازەیێ کەمتر لە نیوەی شەو ، یا ئەندازێ زیاتر لە نیوەی شەو کە لە دوو بەشی شەو نزیك ئەبێتەوە • وە ئەوەی لە حاڵی حـــەزرەتەوە دەرکـــەوتوە ئەوەیە کە زۆربەی بەم شێوە زیادە شەونوێژی کردبێ ، جا بە نیوەی شەو ، جا بە کەمتر • بۆیە لە ئایەتی (ان ربك یعـلم •••)دا ئەم ڕزو زنجیرەی هەڵبژاردوەو فەرمویەتی : (انك تقوم ادنی من ثلثی اللیل و نصفه و ثلثه) •

وە لەسەر ئەو ریوایەتە کـــە لە ــ دایکی موســـوڵمانان ــ عائیشەوە گێڕراوەتەوە ئایەتی یەکەمی سوورەتەکە بۆ واجبکردنی شەونوێژ بوەو ئایەتی (ان ربك یعلم •••) بۆ سووککردنی ئەو واجبەیەو لە واجبەوە کراوە بـــە (ندب) • وە پاش هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە شەونوێژ بوە بە (سونەت) بۆ حەزرەت‌و یارانی‌و گەلەکەی • بەڵام سونەتێکی وەها کە ئایەتی (تتجافی جنوبهم عن المضاجع •••) بەسە بۆ ستایش‌و تاریفکردنی ئەوانە کە ئـــەو شەونوێژە بە دەوام ئەکەن ، وە ئەمە کە لەم ئایەتەدا خودا ئەفەرموێ : کەس نازانێ خودا چی پاداش‌و نیعمەتێکی بۆ ئەو کەســـانە ئامادە کردوە لـــە بەهەشتا •

سوورەتی (مدثر) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ٥٦ ئایەتە ، دوای سوورەتی (مزمل) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(يا اَيُّها المُدَّثِّرُ ! (١) قُمْ فَاَنْذِرْ (٢) ورَبَّكَ فَكَبِّرْ (٣) وثِيابَكَ فَطَهِّرْ (٤) والرُّجْزَ فَاهْجُرْ (٥) ولا تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرْ (٦) ولِرَبِّكَ فَاصْبِرْ) (٧)

واتە : ئەی رەهبەرێ کە خۆت بە نوێنی ماڵ پێچاوەتەوە . وە یا ئەی رەهبەرێ کە خۆت بە کاڵای رەهبەریو پێغەمەری راستەوە پێچاوەتەوە ! خەڵکی بێئاگا لە سزای خودا بترسێنەو . تەنیا خودای خۆت بە گەورە بگرە ، ئەو گەورەییو ئیعتیبارە کە شیاوی زاتی پەروەردگارە ؛ وە بەرگو پۆشاکەکەت پاك بکەرەوە لە هەر شتێ کە لەگەڵ بەندەیی خودادا ناگونجێو ، هەر شتێ ببێ بە هۆی سزای پاشەڕۆژ لێی دوور بکەوەرەوە ؛ وە حاڵت وا نەبێ کە ماڵی خۆت دا بە خەڵك ئەو ماڵە کە داوتە بە زۆری بزانیو منەت بخەیتە سەر کابرای ماڵپێدراوو شانازی بەسەردا بکەیت . واتە هەرچیت دا بە خەڵك بە کەمی دابنێ .

وە یا حاڵت وا نەبێ کە ماڵی خۆت دا بە خەڵك داوای ئەوە بکەیت لەو شتە کە داوتە زۆرت دەستبکەوێ . واتە یا هەر چاوت لە بەدەلەوە نەبێ ؛ یاخود هەرچیت پێبدەن پێت باش بێت .

لە یەحیاوە دەگێڕنەوە ئەڵێ : پرسیارم لە (ام سلمە) کرد : کام قورئان پێش هەموو قورئان هاتوەتە خوارەوە ؟ ئەویش وتی : (یا ایها المدثر) • ئەڵێ : وتم من وام زانیوە کـە سوورەتی (اقرأ باسم ربك)ە یە • وتی : من هەواڵت نادەمێ بەوە نەبێ کە حەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی • حەزرەت فەرمووی : لە ئەشکەوتی حیرادا مامەوە ؛ کـە ماوەی مانەوەم تەواو کرد هاتمە خوارەوە رێگەم کەوتە ناو شیوێکەوە ، لەوێدا بانگم لێکرا • منیش تەماشای بەردەم‌و پشتی خۆمم کردو ، تەماشای راست‌و چەپم کرد • کـە تەماشام کرد ئەوەی بانگم ئەکا وا بەسەر کورسییەکەوە لە نێوان ئاسمان‌و زەویدا • جا هاتمەوە لای خەدیجەو پێم‌گوت : دامپۆشن‌و هەندێ ئـاوی ساردم بەسەردا بڕێژن • ئەوانیش وایان کردو ؛ (یا ایها المدثر)م بۆ هات •

ئەم حەدیثە لەگەڵ ئەو ریوایەتەدا یەك ناکەوێ کە سابت بوە یەکەم ئایەتێ کە بۆ پێغەمەر هاتوەتەخوارەوە (اقرأ باسم ربك الذی خلق . خلق الانسان من علق ••)بوە •

جەلالەدینی سیووطی لە (اتقان)دا بۆ ئەم باسە چەند وەڵامی داوەتەوە:

یەکەم : ئەم پرسیارە کە لە (ام سلمە)کراوە دەربارەی یەکەم سوورەتی تەواو کە یەکەم جار هاتوەتە خوارەوە کراوەو ؛ ئەو سووردتەیش کە یەکەم جارو بە تەواوی هاتوەتەخوارەوە •• (یا ایهـا المدثر) بوەو (اقرأ باسم ربك) لە پێشدا چـــەن ئایەتێکی هـــاتوەتەخوارەوەو . دوایی ئـــەو دواکەی هاتوەتەخوارەوە •

دوەم : مەبەستی پرسیارکەر ئەوە بوە : دوای ماوەیێ وەستان‌و بچڕانی وەحی کام سوورەت هاتوەتەخوارەوە • واتە ئـەوە بوو کـە سـەرەتای سوورەتی (اقرأ) هاتەخوارەوە ماوەیێ وەحی وەستاو ئەوسا ســـوورەتی (مدثر) هاتەخوارەوە •

سێهەم : ئەمەیە پرسیار لە یەکەم سوورەتێ کراوە کە بۆ راگەیاندنو بانگکردن بێ بۆ ئایین • ئەوەیش سوورەتی (مدثر) بوە •

چوارەم : یەکەم سوورەتێ کە لەبەر سەبەبێ هاتبێتە خواردوە سوورەتی (مدثر) بودو . سوورەتی (اقرأ) سەبەبێکی ئاشکرا پێش هاتنەخواردوەکەی نەبوە •

(فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ (٨) فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ (٩) عَلَى الْكَافِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ (١٠) ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً (١١) ؛ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَمْدُوداً (١٢) وَبَنِينَ شُهُوداً (١٣) وَمَهَّدْتُ لَهُ تَمْهِيداً (١٤) ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ (١٥) كَلاَّ إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً (١٦) سَأُرْهِقُهُ صَعُوداً (١٧) إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ (١٨) فَقُتِلَ ! كَيْفَ قَدَّرَ ؟ (١٩) ثُمَّ قُتِلَ ! كَيْفَ قَدَّرَ ؟ (٢٠) ثُمَّ نَظَرَ (٢١) ؛ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ (٢٢) ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ (٢٣) فَقَالَ : إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ يُؤْثَرُ ! (٢٤) إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ (٢٥) سَأُصْلِيهِ سَقَرَ (٢٦) وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ ! (٢٧) لا تُبْقِي وَلا تَذَرُ (٢٨) لَوَّاحَةٌ لِلْبَشَرِ (٢٩) عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ) (٣٠)

جا کاتێ فوو کرا بە صوورا ئەو رۆژەو ئەو کاتی فووکردن بەصوورا رۆژێکی گرانو سەختەو رۆژێکی ئاسان نیە بەسەر کافرەکانەوە • لێم گەڕێو وازم لێ بێنە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خۆم بە تەنیاو بێ ماڵو کەس دروستم کردوونو دوایی ماڵو سامانێکی زۆرم پێداون بە بازرگانیو کشتوکاڵو حەیوانداریو ، دوایش چەن کوڕم پێدان کە لەگەڵیانا دەگەڕانو لە کۆڕو کۆمەڵدا لەگەڵیانا دادەنیشتن • وە پایەو شانیشم بۆ دامەزراند تا

نازناوی کرا بە ڕێحانەی قورەیش ؛ پاش هەموو ئەمانە تەمای ئەوەی هەیە بەش‌و بارەی تریشی بۆ زیاد بکەم •

نە نە شتی وا نیەو بەخشش‌و زیادە بۆ ئەوانە حەرامە • ئەو کابرایەکی سەرسەختی وابوو باوەڕی بە ئایەتەکانی ئێمە نەدەکردو ســـەرپێچی لێ ئەکردن‌و بەرهەڵستی دەکردن • جا لە تۆڵەی ئەوەدا لەمەولا تووشی مەینەت‌و ئازارێکی گەورەو گرانی ئەکەم ؛ مەینەتەکەی ئەوەیە کە ئەبێ بە کێوێکی ئاگری گەورەی بەرزی سەختدا سەربکەوێ •

بە راستی ئەو کابرایە زۆری بیرکردەوەو ـ زۆر تەگبیری لە دڵی خۆیدا کرد بۆ تانەدان لە قورئان • ئەی خودا بیکوژێ ! چۆنی تەقدیرکرد ؟ هەمتر خودا بیکوژێ ! چۆنی تەقدیر کردو چۆنی بیرکردەوە ؟ پاش ئەوە تەماشای کردو رووی خۆی گرژ کردو ناوچاوی ترش کرد ؛ نە پاشان پشتی هەڵکردو بازێ فیزی نیشاندا ـ جا وتی : ئەم قورئانە کـــە محـــەمەد ئەیخوێنێتەوە جادوویەکە چەرخ بە چەرخ دێت‌و دەوام ئەکاو ئەگێڕێتەوە ـ ئەم قورئانە هەر کەلامی ئادەمیزادە !

جا خودا ئەفەرموێت : لەمەولا ئەم کابرایە ئەهاومە ناو (ســـەقەر) ـــ دۆزەخ ـــ ەوە ؛ تۆ چووزانی سەقەر چییە ' سەقەر شوێنێکی وایە کەس ناهێڵێتەوە کە وەری نەگرێ‌و نەیباتە ناو خۆیەوە ؛ زیاد لەوەیش پێســـتی یەکەمی ئینسان داخ ئەکاو رەشی ئەکاتەوە ؛ نۆزدە فریشتەی بەرپرسیارو کاربەدەستی بەسەرەوەبە ئامادەکراون بۆ سزادانی تاوانباران •

(وما جَعَلْنَـا اَصْحابَ النَّارِ الاَّ مَلائِكَةً ـ وما جَعَلْنَـا عِدَّتَهُمْ اِلاَّ فِتْنَـةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا ـ لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ

اُوتُوا الكِتَابَ . ويَزْدَادَ الّذِينَ آمَنُوا إيماناً ولا يَرْتابَ الّذِينَ اوتُوا الْكِتَـابَ والمُؤمِنُونَ ، ولِيَقُولَ الّـذِينَ فـي قُلوبِهِمْ مَرَضٌ والْكَافِرُونَ : ماذَا اَرادَ اللهُ بهذَا مَثَلاً كذلِكَ يُضِلُّ اللهُ مَنْ يَشاءُ ويَهْدِي مَنْ يَشاءُ . ومَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إلاّ هُوَ . وما هِيَ إلاّ ذِكْرى لِلبَشَرِ) (٣١)

وه به‌رپرسیارو کاربه‌ده‌ستو ده‌رگاوانه‌کانی دۆزه‌خمان هه‌ر له فریشته داناوه‌و به‌س . تا نه‌وعیان له گه‌ڵ ئاده‌میزادو په‌ری (جن)دا جیابێ‌و له سزاداندا دڵیان کز نه‌بێ‌و دڵیان پێیان نه‌ســووتێ‌و بتوانن تاوانباره‌کان سزابده‌ن . وه ژماره‌که‌یشیانم کرد به فیتنه‌و تێکچوونی دڵی کافره‌کان که بڵێن : دۆزه‌خێ به‌م زۆرییه چۆن به نۆزده فریشته سه‌رپه‌رشتی ئه‌کرێ‌و کاروباری به‌ڕێوه ئه‌چێ ؟ وه تا ئه‌وانه‌ی کیتابیان پێدراوه دڵیان پته‌و بێ‌و گومانیان نه‌بێ لـه راستی ئـه‌م باســه‌دا ، هه‌روه‌ها خـاوه‌ن باوه‌ڕو موسوڵمانه‌کانیش باوه‌ڕ پته‌وو بێ‌گومان‌بن . وه تا ئه‌وانه‌ی کـه دڵیـان نه‌خۆشه‌و کافرو بێ‌باوه‌ڕن بڵێن : خودا خواستی چییه له‌وه‌دا که ژمـاره‌ی ئه‌وانه‌ی کردوه به نۆزده ؟ ئا به‌و شێوه خودا گومرا ئه‌کا هه‌رکه‌سێ بیه‌وێ — له‌سه‌ر کارو بیرو باوه‌ڕی خۆیان — گومڕایان بکا . وه هیدایه‌تی ئه‌و که‌سه ئه‌داو شاره‌زای ئه‌کا که بیه‌وێ — ئه‌وانیش له‌سه‌ر بـیرو باوه‌ڕی خـۆیان — شـاره‌زایـان بکـا . ئیتر کافـرانو مـونافیـقو دووڕووان ته‌ماشای ئه‌وه ناکه‌ن که خودا ئه‌گه‌ر بیه‌وێ به بێ به‌رپرسیارو کاربه‌ده‌ستیش هه‌ر سزای ئه‌و که‌سانه ئه‌دا که بیه‌وێ سزایان بدا .

وه هه‌ڵئه‌گرێ ئه‌و نۆزده ؛ مه‌به‌ست نۆزده جۆر کاربه‌ده‌ســتو به‌رپرسیار بێ‌و ، هه‌ر به‌شێ له‌وان هه‌زاران تاقم‌و که‌س بن .

وە یا هەڵئەگرێ ئەو نۆزدەیە فەرمانداری زۆر گەورە بن : چونکی کەس بە سوپای خودا نازانێو ، نازانێ نەوعو جۆرو ژمارەیان چەنـدە خودا خۆی نەبێ • تەماشا ئەکەین لەم جیهانەدا کە ئەم خەڵکە گیرۆدە ئەبن هەر یەکێ بە جۆرە دەردێ گیرۆدە دەبێ کە لە دەردی ئەوانی دیکە نەچێو جیاوازییان زۆرە • وە دۆزەخ خۆیو ناوبردنی ئەوانە کە ئەخرێنە نـاوێو ناوبردنی بەرپرســـیارەکانی هەر یادخستنەوەیەکی گەورەیی خودایە بۆ هۆشیارانو ئاگاداران لە ئادەمیزاد تا ئاگایان لە خۆیان بێو فەرمانبەرداری خودا بکـەن •

(كَلاَّ وَالْقَمَرِ (٣٢) وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ (٣٣) وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ ! (٣٤) إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ (٣٥) نَذِيرًا لِلْبَشَرِ (٣٦) لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ) (٣٧)

نەكەن نەخڵەتابن ئینكاری دۆزەخ . یا ئینكاری پاســـەوانەكانی ، یـا ئینكاری ژمارەیان بە نـۆزدە بكەن • دۆزەخ هەیەو پاسەوانی لەسەرەو ژمارەیان نۆزدەیە . بەو جۆرە خودا ئەیزانێ •

سوێند بەو مانگە جوانە کە ئەبێ بە جێگەداری رۆژ لە کاتی شەوا ! وە سوێند بەو پەروەردگارە کە وای دروستکردوە رووناکی لە رۆژی تابان وەربگرێ ! وە سوێند بەو پەروەردگارە خاوەن حیكمەتە کە مەداری مانگی وەها دروستکردوە لە هەموو (٣٠) یا (٢٩) رۆژێكدا ئەم هەموو شـێوە جوانانە نیشان بدا ! وە سوێند بە شەوی ئارامگای ماندووان کاتێ کە پشتی هەڵكرد ! وە سوێند بە کاتی بەیانی لەو ساتەدا کە رووناکی ئەداتەوە ! ئەو دۆزەخە یەكێكە لە بەڵا زۆر گەورەكان لە هۆی ترسێنەری ئادەمیزادەوە •

وە ئینذار ئەکاو ئەترسێنێ ئەو کەسانە کە ئەتوانن لە مەیدانی کارو کردەوەدا پێش بکەون یا پاش بکەون • وە حەق وایە کە هۆشـــیار ترســـێنراو ئاگادارکرایەوە ئیتر بیر بکاتەوەو بترسێو خۆی لە مەینەت رزگار بکا •

(كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ (٣٨) إِلاَّ أَصْحَابَ الْيَمِينِ (٣٩) فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ (٤٠) عَنِ الْمُجْرِمِينَ (٤١) : مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ؟ (٤٢) قَالُوا : لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ (٤٣)، وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ (٤٤) وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ (٤٥) وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ (٤٦) حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ (٤٧) فَمَا تَنْفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ) (٤٨)

وە هەموو نەفسێ راگیرکراوەو دیلۆ داماوە بە هۆی شوومی ئـــەو تاوانانەوە کە لە دنیادا کردوونی تەنیا ئەوانە نەبێ کە نامەی کردەوەیان ئەدرێ بە دەستی راستیانەوەو بە دەستی راســتیان وەری ئەگرن ، ئەوانــە وان لــە بەهەشتەکاناو رائەبوێرن •

جا ئەو کەسانە کە سەرفەرازو شادمانن لە تاوانبــارە گیرۆدەبووەکان دەپرسن : چی ئێوەی هاویتوەتە ناو (ســـەقەر) ؟ ئەوانیش ئەڵێن : لـــە نوێژکەرانە نەبووینو ، لەوانە نەبووین کە خۆراك بدەین بە گەداو داماوانو، لە وتارو کردەوەی پڕوپووچدا زۆر رۆئەچووینو . رۆژی قیامەتمان بە درۆ ئەزانی ••• هەتا مردنمان پێ گەیشتو بەرۆکی گرتین • جا ئەمانە کە ئەمـــە شێوەو رەفتاری دنیایانە لە پاشەڕۆژدا تکای تکاکاران سوودیان پێ نادا •

(فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ؟ (٤٩) كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُسْتَنْفِرَةٌ (٥٠) فَرَّتْ مِنْ قَسْوَرَةٍ ! (٥١) بَلْ يُرِيدُ كُلُّ

امْرِیءٍ مِنْهُمْ اَنْ یُؤْتی صُحُفاً مُنَشَّرَةً (٥٢) كَلاَّ بَلْ لا یَخَافُونَ الآخِرَةَ (٥٣) كَلاَّ اِنَّهُ تَذْكِرَةٌ (٥٤) فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ (٥٥) ومَا یَذْكُرُونَ اِلاَّ اَنْ یَشَاءَ اللهُ ، هُوَ اَهْلُ التَّقْوی واَهْلُ المَغْفِرَةِ) (٥٦)

ئەوە چییە بۆیان پەیدا ئەبێ لە حاڵێكدا ئیعراض ئەنێن و لائەگرن لە قورئان یا لە دەرزی دین و گەیاندنی ئەحكام . وایان لێدێ ئەڵێی گوێدرێژن و لە شێر ترساون هەڵدێن و رائەكەن ؟

خەیر ئەمانە ئەوەندە دەماخ پووچن هەر یەكێ لەوان ئـەیەوێ لـە ئاسمانەوە چەن پەڕە كیتابێ بێتەخوارەوە بۆ سەریان . ئەوجا باوەڕ بە رەهبەر بكەن ؟ واز بێنن لە باسی ئەو نامەردانە . ئەوانە هەر باوەڕیان بە پاشەڕۆژ نیە ، حاشا حەدیان نیە داوای پەڕەی ئاسمانی بكەن ، چونكی خودا بێباك و بێنیازە لەوان . وە حاشا لەو عەقڵە پووچە كە ئەوانی بایی كردووە و موبالات بە پاشەڕۆژ ناكەن ، ئەبێ ئەوانە بزانن ئەم قورئانە حەق ئەخاتـەوە بیر و یادنامەیە بۆ هۆشیاران ، جا هەركەسێ ئارەزووی هەیـە بـا بیخوێنێتەوەو نایشتوانێ بیخوێنێتەوە تا خودا خواستی نەبێ ، وە خودای تەعالا شایەوە بۆ ئەوە هەموو كەسێ لێی بترسێ و ، شایاویشە بۆ ئەوە تاوان ببەخشێ .

سووره‌تی (قیامه‌ت) له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، (٤٠) ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (قارعه) هاتوه‌ته خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(لا اُقْسِمُ بِيَومِ القِيامَةِ ! (١) ولا اُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ ! (٢) ايَحْسَبُ الإنْسانُ اَلَّنْ نَجْمَعَ عِظامَهُ ؟! (٣) بَلى قادِرِينَ عَلى اَنْ نُسَوِّيَ بَنَانَهُ) (٤)

وشه‌ی (لا) زیاده‌و بۆ ته‌ئکیدو پته‌وکردنه‌وه‌ی سوێند به‌کاردێ . یا زیاده نیه‌و ثابته‌و بۆ دانه‌دواوه‌ی گومانی به‌رانبه‌رد . یانی نه وا نیه که تۆ گومان ئه‌به‌ی ، وه سوێند ئه‌خۆم .

وه هه‌ر سوێندێ به هه‌ر شتێ بێ له لایه‌نی خوداوه مه‌به‌ست سوێند به خالیقی ئه‌و شته‌یه .

واته : یانی سوێند به رۆژی قیامه‌ت ! که رۆژێکی سامناکه‌و رۆژی زیندووکردنه‌وه‌ی گیانله‌به‌رانه‌و . رۆژی راکێشانیانه بۆ مه‌یدانی لێپرسینه‌وه‌ی کرده‌وه . وه سوێند به نه‌فسی (لوّامه) ! ئه‌و نه‌فسه که زۆر لۆمه‌و سه‌رزه‌نشتی خۆی کردوه له‌سه‌ر بیروباوه‌ڕی نابارو کرده‌وه‌ی ناهه‌موارو ، له قیامه‌تا شایه‌ته له‌سه‌ر ئه‌و تاوانانه که له دنیادا لۆمه‌ی خۆی کردوه له‌سه‌ریان ... زیندووتان ئه‌که‌مه‌وه‌و لێتان ئه‌خورم بۆ کۆمه‌ڵگاو پرسیاری بیروباوه‌ڕو وتارو کردارتان . که‌مو زۆر ، لێ ئه‌که‌م .

بزانن ! کاتێ پرسیار لە حەزرەت کرا کە : رۆح چییە ! خودای تەعالا ئەو ئایەتەی ناردەخوارەوە (ویسألونك عن الروح . قل : الروح من امـر ربی ، وما اوتیتم من العلم الا قلیلا) • وە بـە گوێرەی زاهیری ئایەتەکـە زاناکانی پێشینانی ئیسلام قسەیان لە رۆح نەکردوە • بەڵام بـە طـەبیعەتی گوشادی ئایینی ئیسلامو زۆری ئوممەتەکەو زانیـــارانی ئوممـــەتو تێکەڵبوونیان لەگەڵ فەلاسیفەی بێگانەداو هاتنی پرسیار مەجبوور بوون کە بە قەدەر حاڵ لە رۆح بدوێن •

جا زۆربەی ئەوان وایان بڕیار داوە کە رۆح (جیسمێکی لەتیفە)و ، رەسایە لە هەموو ئەندامی زیندووی لەشدا ، وەکوو رەوان بوونی ئـــاو لەپەڕەی گوڵدا •

وە زانا بەرزەکان وەکوو ئیمامی غەزالی ـ خ ـو چەند زانای دیکە ئەوەیان بڕیارداوە کە رۆح (جسم) نیە بەڵکو جەوهەرێکی رووت لە مادەیە تەعەللوقی بە لەشەوە هەیە بە تەصەڕوفو تەدبیرکردنی بۆی ، وە تا کاتێ خودا خواستی بێ ئەو رۆحە لەسەر ئەو پەیوەندییە بمێنێتەوە ئەمێنێتەوە • وە کاتێ ئەو خواستەی نەما ئەو پەیوەندییە نامێنێو ئەچێتەوە بۆ ئەو شێوەو وەزعە کە خودا بۆی دیاری ئەکا ، **وە لە هەمانکاتدا پەیوەندی بە لەشەکەیەوە** ئەمێنێ ، خوای لـە گۆڕا بێ ، یا لە دەریادا ، یا لـە هەوادا ، یا دڕندەیێ خواردبێتیو وجوودەکەی بووبێ بە زەڕاتی بڵاو لە جیهانا • وە ئەوانـــە **هەموو وان لە ژێر زانیاریو ئاگاداری خودادا •**

هەروەها غەزالی کە یەکێکە لەو زانابەرزانە بیری لەسەر ئەوەیە کـە (رۆح)و (نەفس) یەکێکن ، وە لەم بارەوە کە هۆی گیانداریو ژیانـــە ناوئەبرێ بە (رۆح)و ، لەو بارەیشەوە کە فەرماندارو هەڵسووڕێنەری کارە بە (نەفس) ناوئەبرێ •

وە پاش ئەوە کە رۆحو نەفس یەکێ بوون لەسەر رووناکی ئایەتەکانی قورئان جارجار بە صیفەتی (امارە)و ، جارجار بە صیفەتی (لوامـە)و ، جارجار بە (مطمئنە) ناوئەبرێ ، وە ئەم سێ نەفسە هەر ئەو نەفسەن کـە لەگەڵ رۆحدا یەکێکن ، بەڵام لە گیانی خۆیدا بە طەبیعەت ئەمارەیەو فەرمان ئەدا بە بەجێهێنانی ئارەزووی خۆی ، وە پاش ئەوە کە بە بەندەیی‌و طاعەت مەشغوول کرا وای لێدێ لە نێوان ئەحوالی ‌وختەلیفەدا ئەمێنێتەوە . لـە رووی زۆرهێنانی هێزی ئارەزووی بەدەوە ئارەزووی بەهێز ئەبێ‌و کارو باری ناباری دێ بەسـەرداو تاوانئەکاو بەبـەر هێرشی هێزی (اطمئنان) رووئەکاتەوە بۆ لای حەق‌و عیبادەت‌و سەرزەنشتی خۆی ئەکا لەسەر گوناە ، وە لەم کاتەدا ناوئەبرێ بە (لوامە)، وە ئەگەر بە تەوفیقی خودا لەم حاڵەپەستە رزگار ببێ‌و شیفای بۆ بێت‌و دامەزرێ ناوئەبرێ بە نەفسی (مطمئنە) ، جا لێرەدا بۆیە نەفسی لەووامە هاتوەتە پێشەوە ; چونکی ئاگادارە لەســـەر تاوانەکان .

ئایا ئادەمیزادی بێباوەڕی دڵتاریك وا تێئەگاو گومان ئەبا کـە لـە پاش مردن ئێمە ئێسقانەکانی گردناکەینەوە لەبەر ئەوە رزیون یا وشك‌بوون ؟ یاخود مانیعێ هەیە لە دەستەلاتی ئێمە ! حاشا ! ئەوە وا نیەو . ئێمە تەواناین لەسەر ئەوە سەرپەنجەکانی رێك بخەینەوە بەو جۆرە خەتەو بـەو نەرمی‌و زبرییە کە لە دنیادا بوە دروستی بکەینەوە .

(بَلْ يُرِيدُ الإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ (٥) يَسْأَلُ : أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ ؟ (٦) فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ (٧) وخَسَفَ الْقَمَرُ (٨) وجُمِعَ الشَّمْسُ والْقَمَرُ (٩) يَقُولُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ : أَيْنَ الْمَفَرُّ ؟ (١٠) كَلَّا لَا وَزَرَ (١١) إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ

الْمُسْتَقَرُّ (١٢) يُنَبَّأُ الإنسانُ يَوْمَئِذٍ بِما قَدَّمَ وأَخَّرَ (١٣)
بَلِ الإنْسَانُ على نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ (١٤) ولَوْ أَلْقى معاذِيرَهُ (١٥)

ئێوە واز لە ئینسان بێنن ، زۆربەی ئینسان بە ئارەزووی خۆی ئەکاو حەز ئەکا لەسەر بەدڕەوشتیو ناڕاستی بڕوا لە داهاتووی ژیانیشیا • واتــە وەکوو ئەو کافرانە ئەمڕۆ درۆزنو نافەرمانو یاخین بەرابەر بە خودا ئەوەیان ئەوێ لەمەولایش هەروەها بن • بۆیە بە دەمارەوە هاوار ئەکاو ئەڵێ : چ کاتێ رۆژی قیامەتو زیندووکردنەوەی مردوو ئەبێ ؟ لەو کاتەدا کە چاوی ئادەمیزاد ئەبڵەق بوو لەبەر ترسو سەرگەردانیو لەبەر بومەلەرزەی جیهانو، **رووناکی مانگ مەحو بووەوە ، رۆژو مانگ لە بێڕووناکیدا کەوتنەیەك ، یا کەوتنەیەك لە داکەوتنیانا بە ئاسمان وپەرتبوونیان لە مەداری خۆیـانو** نیظامی کائینات تێکچوو ، جا ئینسانە بێ باوەڕەکە ئەڵێ : بۆ کوێ رابکەینو بەرەو کوێ هەڵبێین ؟ حاشا ! رێگەی راکردن نیەو بۆ کوێ دەرئەچێ لــە دەستی خودای گەورە ؟

عەرزت بەرزو نــزم لە یاسا دەرچوو
ئەستێرەی فەلەك هەموو بێنوور بوو
پەنــا هەر پەنــای زاتــی خودایــە
چرای رووناکــی لە ناو دڵــدایــە

وە هەر لەو شـــوێنەدا کە خودا بڕیاری داوە کە ســـارای کۆمەڵگاو کۆبوونەوەی خەڵکە بۆ پرسیار ئــەبێ ئادەمیـــزادو بــاقی کۆکراوەکان گردبینەوەو لەو شوێنەدا هەموو ئینسانێ ئاگادار ئەکرێتــەوە بــە هۆی فریشتەی نووسەری کردەوەوە لەوەی کردوویەتی لە کردەوەکانو ئەوەیش نەیکردوەو لەناوچوە • نە ، تۆ واز لەو قسە بێنە کە بڵێین ئادەمیزاد لە لایەنی فریشتەوە ئاگادار ئەکرێ لە ســەر کــردەوەکانی ؛ چونکی ئینسان خۆی

شاهیدێکی ئاگاداری هۆشیاره له‌سه‌ر نه‌فسی خۆی‌و خۆی زۆر چـاك ئه‌زانێ چی کردوه . با به‌ رواله‌ت خۆی وا نیشان نه‌داو به‌ زمان عوزرو بیانوو بێنێته‌وه‌ له‌ باره‌گای خودادا . به‌ڵام چونکه‌ ده‌ست‌و پێ‌و ئه‌ندامه‌کانی له‌شی خۆی شایه‌تی لێ ئه‌ده‌ن ئیتر ئه‌و بیانووانه‌ سوودیان نیه‌ . یا هه‌رچی ئینسان له‌ دنیادا په‌رده‌ داداته‌وه‌ به‌سه‌ر خۆیا هیچی بۆ ناکرێ‌و پاشه‌ڕۆژ هیچ لـه‌ خودا ون نابێ‌و ئه‌ندامه‌کانی تاوانباره‌که‌ شایه‌تی لێ‌ئه‌ده‌ن .

(لا تُحَرِّكْ بِـهِ لِسانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَـا جَمْعَهُ وقُرْآنَهُ (١٧) فَإذا قَرَأْنَاهُ فاتَّبِعْ قُرْآنَهُ (١٨) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ) (١٩)

وا باوه‌ ئه‌م ئایه‌تانه‌ به‌و بۆنه‌وه‌ به‌ تایبه‌تی لێره‌دا هاتوونه‌ته‌خواره‌وه‌ کاتێ‌که‌ حه‌زره‌ت ـ د ـ له‌و رۆژه‌دا وه‌حی بۆ هاتوه‌ زۆر په‌له‌په‌لی کردوه‌ بۆ خوێندنه‌وه‌ی وه‌حیه‌که‌ نه‌بادا جومله‌یێ یا زیاتر له‌ جومله‌یێ فه‌رامۆش بکا ، ئه‌م ئایه‌ته‌ بۆ ئه‌وه‌ هاته‌خواره‌وه‌ که‌ حه‌زره‌ت ـ د ـ له‌و کاتانه‌دا په‌له‌په‌ل نه‌کا وه‌کوو چۆن قوتابی له‌ کاتی ده‌رزدا زۆر په‌له‌په‌ل بکا مامۆستاکه‌ی پێی ده‌ڵێ : په‌له‌په‌ل مه‌که‌ : من دوایی ده‌رزه‌که‌ت تێ‌ئه‌گه‌یه‌نم .

یا هه‌ر له‌سه‌ر ریزی قسه‌پێشووه‌کان بوه‌و خودا فه‌رموویه‌تی : مـادام ئینسان خۆی شایه‌ته‌ له‌سه‌ر خۆی‌و به‌ڵگه‌ی خۆی وا به‌ خۆیه‌وه‌ ئیتر ئـه‌ی ئاده‌میزاد تۆ له‌م کاتی حه‌شره‌دا په‌له‌په‌ل له‌ خوێندنه‌وه‌ی نامه‌ی کرده‌وه‌تدا مه‌که‌ ، ئێمه‌ له‌سه‌ر به‌ڵێنی خۆمان به‌ حیکمه‌ت‌و عـه‌داله‌ت تۆ بێ‌ئیحتیاج ئه‌که‌ین له‌مه‌و ، گردکردنه‌وه‌ی کرده‌وه‌کانت له‌سه‌ر ئێمه‌یه‌و هه‌روا له‌سـه‌ر ئێمه‌یه‌ کرده‌وه‌کانت پێ‌بڵێین‌و نامه‌ی کرده‌وه‌کانت به‌سه‌ردا بخوێنینه‌وه‌ ، جا

کاتێ ئێمە خوێندمانەوە تۆیش شوێنمان بکەوەو وەکوو ئێمە بیخوێنەرەوە • جا ئەگەر گومانێکت لە مەسەلەیەکدا بوو باوەڕت وا نەبوو بەو شتە ئێمە باش بۆت بەیان ئەکەین • وە ئەم ئایەتانە بۆ ئەم مەعنا زۆر لەبارن •

(كَلاَّ بَلْ تُحِبُّونَ العاجِلَةَ (٢٠) وتَذَرُونَ الآخِرَةَ (٢١)، وجُوهٌ يَوْمَئِذٍ ناضِرَةٌ (٢٢) إِلى رَبِّها ناظِرَةٌ (٢٣) ووجُوهٌ يَوْمَئِذٍ باسِرَةٌ (٢٤) تَظُنُّ اَنْ يُفْعَلَ بِها فاقِرَةٌ (٢٥) كَلاَّ ! إِذا بَلَغَتِ التَّراقِيَ (٢٦) وقِيلَ : مَنْ راقٍ ؟ (٢٧) وظَنَّ اَنَّهُ الْفِراقُ (٢٨) والْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ (٢٩) إِلى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ المَساقُ) (٣٠)

وازبێنە لە پەلەکردن لە خوێندنەوەی قورئانا ، یا لە بایی‌بوون بە دنیاوە، ئێوە هەمیشە نیعمەتی حازری دنیاتان ئەوێ‌و حازرخۆرن‌و کاروباری پێویستی پاشەڕۆژ تەرك ئەکەن . لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گەورەو بە نرخەو ئەو ڕۆژە ڕۆژی چارەنووس‌و پاشەڕۆژی ئادەمیزادە ، لەو ڕۆژەدا چەن ڕوویەك زۆر جوانن‌و بۆ زاتی خودای خۆیان ئەڕوانن ؛ وە چەن ڕوویەکیش ترش‌و تاڵ‌و بێ‌حاڵن‌و ، گومان ئەبەن کە مامەڵەیەکی زۆر نابارو **ناهەمواریان لەگەڵا بکرێ ؛ چونکی نیشانەی خۆشی لە هیچ لایەکەوە نابینن،** وازیش بێنە لە هەڵبژاردنی دنیا بەسەر قیامەتدا ، کاتێ ڕۆحی ئادەمیزاد گەیشتە دانەی سەرسنگی‌و لەو کاتەدا وترا : کێیە دۆعایێ بەسەر ئەم ناساغەدا بخوێنێ ؟ وە یارۆی ناساغ باوەڕی بە هێزی هاتەسەر ئەوە کە ئەم دەردە تووشی ئەو بوە دەردی مەرگ‌و جیابوونەوەی دۆست‌و خۆشەویستان‌و بەجێهێشتنی دنیایەو ، لەو کاتەدا قاچی بەیەکدا هات‌و لاقەکانی بەیەکدا ئاڵان

بە جۆرێ نەتوانێ لەیەکیان جیابکاتەوە •• لەو کاتەدا رۆیشتن و رەوانەکردنی ئادەمیزاد بۆ لای خودایەو ئەو دادگاری راستە •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە زاهیری ئایەتی (وجوه یومئذ ناضرة الى ربها ناظرة)ەوە دەرئەکەوێ کە موسولمانان لە رۆژی قیامەتدا رووخۆش و دڵشاد ئەبن و بە چاوپێکەوتنی خودا بەهرەمەند ئەبن • ئەو چاوپێکەوتنە بە دوو چاوی سەر ئەبێ بەڵێ ئێمە هەتا کاتی خۆی چلۆنیەتی ئەو دیتنە نازانین •

هەروا لە فەرموودەی پێغــەمەریشەوە کــە جەریری کوڕی عەبدوللا دەیگێڕێتەوە ئەمە دەردەکەوێ • جەریر ئەڵێ : لە خــزمەتی پێغــەمەرا دانیشتبووین ئەویش تەماشای مانگی کردو ، ئەو شەوە چواردەی مانگ بوو ، فەرمووی : ئێوە لەمەولا ــ واتە لە پاشەڕۆژا ــ خودای خۆتان بە چاوو بە ئاشکرا ئەبینن وەکوو چۆن ئیستە ئەم مانگە ئەبینن ، هیــچ بەرگریتــان لێ ناکرێ لە دیتنیا • جا ئەگەر ئەتوانن غەڵەبەتان بەسەردا نەکرێ بۆ نوێژێ لە پێش خۆرکەوتن و خۆرئاوابوونا بیکەن • دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (وسبح بحمد ربك قبل طلوع الشمس وقبل غروبها) •

وە موسلیم لە صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە کە پێغەمەر فەرموویەتی : کاتێ خەڵکی بەهەشت چوونە بەهەشــت خودا ئەفەرموێ : ئەتــانەوێ شتێکتان بۆ زیادبکەم ؟ ئەوانیش ئەڵێن : خودایــە ئــایــا نەتخستووینەتە بەهەشت ؟ ئایا رووت سپی نەکردووین ؟ لە ئاگر رزگارت نەکــردووین ؟ ئەفەرموێ : جا پەردە لادەبرێ ، دوای ئەوە هەرچی شتیان دراوەتێ بــە ئەندازەی روانین بۆ لای خودا پێیان خۆش نیە •

هەروەها لە پێش دەرکەوتنی گومانی ئەهلی بیدعەتا هەموو زانایانی دین لەسەر ئەوە یەكقسە بوون کە ئەو ئایەتە مانای چاوکەوتن بــە زاتی خودایە •

وە بەربەرەکانی (مبتدعه) بۆ ئەم رایە هەر گومانە گومانی ئەوانیش **لەسەر بناغەی قیاسی (غائب) لەسەر (شاهد)ە • واتە چاوپێکەوتن لــە** دنیادا هەندێ مەرجی هەیە ئەو مەرجانە بۆ بینینی خودا نایەنە جێ • بەڵام ئەم گومانە نرخی نیە ؛ چونکی ئەو مەرجانە عادەتین لە دنیادا پێویست ناکا لە قیامەتدا بێنەجێ • هەر وەکوو چۆن (حیــــاة)و (علم)و (ارادە)و (قدرة)و (سمع)و (بصر)و •• ثابتو دامەزراون بۆ خوداو لەسەر مەرجە عادەتییەکانیش نین • وە مادام بەڵگەی ئاشکرا بوو حەقی موسوڵمان وایە بێ دوودڵی ئەو مەبەستە وەربگرێو باوەڕی پێ بکا •

باسی دووهەم : لە (من راق)دا گەلێ تەفسیر هەیە : یانی هــەندێ فەرموویانە : کێ دۆعا بۆ رزگاری ئەم کەسە ئەکا کە نزیکەمردنە ؟ وە هەندێ فەرموویانە: کێ کردەوەی ئەم کەسە بۆ لای خودا بەرزئەکاتەوە ؟ وە هەندێ فەرموویانە : ئەوە کێیە دەرمانێ ئەم نەخۆشە بکات ؟

باسی سێهەم : لە تەفسیری (والتفت الساق بالساق)دا هەندێ ئەڵێن: کینایەیە لە سەختیو سەغڵەتی حاڵی کابرای نزیك بەمردن • وە هــەندێ ئەڵێن : لەسەر مەعنای ظاهیری ئایەتەکەیە ؛ واتە کە مردوو خرایە کفنەوە قاچی ئەکەون بەسەر یەکدا • هەندێکیش ئەڵێن : سەختی دنیا پێچرا بە سەختی قیامەتەوە • هەندێ تر ئەڵێن مانای وایە : دوا رۆژی دنیا لە یەکەم رۆژی قیامەت نزیك کەوتەوە •

(فَلا صَدَّقَ وَلا صَلَّى (٣١) وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (٣٢) ثُمَّ ذَهَبَ إِلى أَهْلِهِ يَتَمَطَّى (٣٣) أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى (٣٤) ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى) (٣٥)

ئەم ئایەتە موقەددەرە بە (قول)ەوە . واتە لە لایەنی خوداوە . یا لە لایەنی فریشتەکانەوە ئەوترێ : ئەم زەلامە لە دنیادا نوێژی نەکرد ؛ چونکە باوەڕی بە خوداو پێغەمەری خودا نەبوو . بەڵکوو بە درۆی ئەزانین‌و بـە درۆی دائەنان‌و پشتی لێ‌هەڵکردن ، جا ئەم سزا لەم رۆژەدا چاترە بۆ تۆو موافیقی حیکمەتە . ئەمجاریش هەر چاکترە بۆ تۆو چاکترە •

هەندێ فەرموویانە : دەربارەی ئەبووجەهل هاتوەتەخوارەوە ؛ ئەگەر وایش بێ حوکمەکە عامە ؛ چونکی سەبەبی نوزووڵ تەخصیص ناکا •

(أَيَحْسَبُ الإِنْسَانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدى ؟ (٣٦) أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِنْ مَنِيٍّ يُمْنى ؟ (٣٧) ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوّى فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنْثى ؟ (٣٩) أَلَيْسَ ذلِكَ بِقادِرٍ عَلى أَنْ يُحْيِيَ المَوْتى ؟) (٤٠)

خودای تەعالا بـە شـێوەی ئیستینکارەوە ئەفەرموێت : ئایا ئادەمیزاد گومان ئەبا ئاوا بێ‌ئەرك‌و تەكلیف بەرەڵا بکرێ‌و هیچ پرسیاری لێ نەکرێ؟! حاشا وە کەللا ! حیکمەت‌و دادگەری خودا وابە کە پرسیاری لە بـارەی هەموو شتێکەوە لێ بکرێ • ئەوە بۆچی لە خۆی گۆڕاوەوکاتی نـەبوون‌و لاوازی خۆی بیرچوەتەوە ! ئایا بناغەی دروستبوونی ئەو تۆمێ نەبوو کە لـە باوك‌و دایکیەوە دەرچوو . دوای بەیەك‌گەیشتنیان بوو بە پارچە خوێنێ‌و •

لە پاشان خودا ڕێکی‌خستو دروستی کرد • واتە لە پارچە خوێنەوە کردی بە پارچەیێ گۆشتو ، جا ئێسقانو ڕەگی بۆ دروست‌کردو گەورەی کردو کردی بە ئادەمیزادێکی ڕەساو ، بە هۆی ژنو ژنخوازییەوە منداڵی نێرینەو مێینەی لێ‌دروست‌کرد • جا ئایا ئەو خودایە کە ئەم کارە گەورانەی کردوە تەوانای ئەوەی نیە مردوو زیندو بکاتەوە وەکوو لە پێشدا زیندوو بوون ؟ بەڵێ وەڵڵا هەرگیز مومکینێ لە مومکینات نیە خودا تەوانا نەبێ بەسەریا •

لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ فەرموویەتی : حەزرەت ــ د ــ فەرمووی : هەرکەسێ لە ئێوە سوورەتی (والتین والزیتون)ی خوێنــدو گەیشتە دواییەکەی با بڵێت ! (بلی وانــا علی ذلك من الشاهــدین) • وە هەرکەسێ (لا اقسم بیوم القیامة)ی خوێندەوەو گەیشتە دواییەکەی با بڵێت: (بلی) • وە هەرکەسێ سوورەتی (والمرسلات)ی خوێندەوەو گەیشــتە (فبای حدیث بعده یؤمنون ؟) بڵێ (آمنا بالله) • داوای ئیمانو ئەنجامی باش لە خودای میهرەبان ئەکەین •

سووره‌تی (انسان) له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌کانه ، سی‌ویه‌ك ئایه‌ته ، دوای (الرحمان) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(هلْ اَتى على الإنْسانِ حِينٌ مِنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُنْ شَيْئاً مَذْكُوراً ؟ (١) اِنّا خَلَقْنا الإنْسانَ مِنْ نُطْفَةٍ اَمْشاجٍ نَبْتَلِيهِ . فَجَعَلْناه سَمِيعاً بَصِيراً (٢) اِنّا هَدَيْناهُ السَّبِيلَ ، اِمّا شاكِراً وَاِمّا كَفُوراً) (٣)

ئایا هاتوه به‌سه‌ر ماده‌ی ئاده‌میزادا له‌و کاته‌دا که ماده‌ی (عنصری) بوه . واته کاتێ که گڵ بوه له زه‌ویدا ، یا بوه به گیای گه‌نم ، وه یا دانه‌وێڵه، یا ئاردو هه‌ویرو نان . یا خوێنی ساف له له‌شی ئه‌و که‌سه‌دا که ئه‌و نانه‌ی خواردوه ، یا کاتێ بوه به تۆم له پشتی باوکاو له سنگی دایکدا .. ئایا هاتوه به‌سه‌ریا له‌م کاتانه‌دا کاتێ له چه‌رخ که ئه‌م ئاده‌میزاده شتێ نه‌بوه ناوی بێت به زمانا ؟ به‌ڵێ بێگومان هاتوه به‌سه‌ریا . ده‌ی وه‌کو ئێمه له نه‌بوون دروستمان‌کردوه ئه‌یشتوانین پاش ئه‌وه که مرد دووباره دروستی بکه‌ینه‌وه بۆ عاله‌مێکی تازه هه‌تا به ئه‌نجامی بیرو باوه‌ڕو کرده‌وه‌ی خۆی بگات .

به‌ڵێ به‌بێ‌گومان ئێمه ئاده‌مزادمان دروست‌کرد له نوطفه‌یێ ، له تۆمێ ، که تێکه‌ڵ بوو له تۆمی باوك‌و دایکی حاڵمان وابوو ویستمان بیگوێزینه‌وه له ئاوه‌وه بۆ خوێن. بۆ گۆشت‌پاره . بۆ گیانله‌به‌ریی . بۆ ده‌رچوون له منداڵدان بۆ رووی جیهان . ته‌کیفی بیرو باوه‌ری چاك‌و کرده‌وه‌ی پاك‌و ره‌وشتی

ڕووناکی لێبکەین ، بۆیە کردمان بە ئادەمیزادێکی شنەواو بینا • وە پاش تەواوکردنی مادەو صوورەتی ئینسانیو شێوەی جوانیو . عەقڵو هۆشی تیژی زۆرزانی شارەزای ڕێگەی پیرۆزی ژینو دینمان کرد بە نــاردنی ڕەهبەرانی بەرزو ڕێگەی خێرو شەڕمان پێ نیشاندا • ئیتر خۆیو ئارەزووی خۆی ؛ کەیفی خۆیەتی ، ئایا ئەبێ بە ئادەمیزادێکی پاکی دڵڕووناك کــە ڕێگەی ڕاست ئەگرێ هەتا پیرۆزی خۆی وەرئەگرێ ، وە یــا ڕێگەی بەدبەختی ئەگرێتەبەر هەتا لە دنیا ئەچێتەدەرو لەوێوە بۆ مەحشــەرو ، لەوێوە بۆ دۆزەخ ؟

(اِنَّا اَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلاسِلَ وَاَغْلالاً وَسَعِيراً (٤) اِنَّ الأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِنْ كَأْسٍ كَانَ مِزاجُهَا كافُوراً (٥) عَيْناً يَشْرَبُ بِها عِبادُ اللهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيراً (٦) يوفُونَ بِالنَّــذْرِ وَيَخافُونَ يَوْماً كانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيراً (٧) وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَاَسِيراً (٨) اِنَّما نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللهِ لا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلا شُكُوراً (٩) اِنَّا نَخَافُ مِنْ رَبِّنَــا يَوْماً عَبُوســاً قَمْطَرِيراً (١٠) فَوَقَاهُمُ اللهُ شَــرَّ ذلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُــروراً (١١) وَجَزَاهُمْ بِمــا صَبَرُوا جَنَّــةً وَحَرِيراً) (١٢)

ئێمە چەن زنجیرێکی درێژمان ئامادەکردوە بۆ کافرەکان بۆ ڕاکێشانیان، وە چەن کۆتێ بۆ دەستو گەردنیان ، وە ئاگرێکی بڵێسەدار بۆ سزادانو سووتاندنیان • وە بە بێگومان موسوڵمانە چاکەکان لە پیــاڵەی جواندا شەرابی تێکەڵکراو لە کافوور ئەخۆنەوە ، ئــەو کافوورەیشی لە بــەر

بێن‌خۆشی‌و تام‌وچێژی به‌له‌زه‌ت تێکه‌ڵ ئه‌کرێ • حاڵی ئه‌و شه‌رابه وایه له سه‌رچاوه‌یه‌که‌وه ده‌رئه‌چێ‌و ته‌نها به‌نده تایبه‌تییه‌کانی خودا لێی ئه‌خۆنه‌وه• وه ئه‌و به‌ندانه ئه‌توانن شه‌رابی ئه‌و سه‌رچاوه رابکێشن‌و جۆگه‌ی لێ هه‌ڵبگرن بۆ هه‌رکوێ ئه‌یانه‌وێ • واته به بێ زه‌حمه‌ت‌و ماندوبوون ئه‌توانن ئـــه‌و شه‌رابه ره‌وان بکه‌ن بۆ هه‌ر شوێنێ خۆیان ئاره‌زوو بکه‌ن •

ئه‌و موسوڵمانه چاکانه ئه‌وانه‌ن هه‌ر نه‌زرێکیان کردبێ جێ‌به‌جێی ئه‌که‌ن‌و ئه‌یبه‌نه سه‌رو . له رۆژێ ئه‌ترسن که شه‌ڕی ئه‌و رۆژه بـــڵاو ئـــه‌بێته‌وه‌و په‌ره‌ئه‌سێنێ • وه خوارده‌مه‌نی خۆیان ئه‌ده‌ن ــ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که خۆیـــان پێویستیان پێیه‌تی‌و حه‌زیان لێیه‌تی ــ یا له‌سه‌ر خواست‌و ره‌زای خودا ••• به ئینسانی گه‌داو ، به منداڵی هه‌تیوو ، به که‌سێ به دیل گیرابێ ، وه به زمانی خۆیان به ئاشکرا ، یا به زمانی دڵ پێیان ئه‌ڵێن : ئێمــــه له‌بـــه‌ر ئـــه‌وه خوارده‌مه‌نیتان پێ‌ئه‌ده‌ین به هیوای ده‌سکه‌وتنی ره‌زامه‌ندی خوداین ، وه داوا ناکه‌ین‌و له ئێوه‌مان ناوێ پاداشمان بده‌نه‌وه به ماڵ‌و سوپاسمان بکه‌ن له‌به‌ر ئه‌وه که ئێمه به راستی له رۆژێکی سه‌ختی درێژی زۆر نابار ئه‌ترسین• جا له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌وان دڵیان وه‌ها پاك‌بوو به دڵسۆزی ئـــه‌و خزمه‌ته‌و ئـــه‌و نان‌دانه‌یان کردبوو خودا رزگاری کردن له شه‌ڕی ئه‌و رۆژه‌و شـــادمانی‌و خۆشی پێ‌به‌خشین‌و پێگه‌یاندن • وه پاداشی دانه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وه که خۆیان گرتبوو له‌سه‌ر تاوان‌نه‌کردن‌و ده‌سبه‌رداربوون له به‌دکاری‌و به‌جێهێنـــانی واجباتی خۆیان به درێژایی زه‌مان •• به دانان‌و نیشته‌جێکردن له به‌هه‌شتاو به به‌رگ‌و پۆشاکی حه‌ریری نه‌رم‌و ناسك •

(مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الأَرَائِكِ ، لا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْساً وَلاَ زَمْهَرِيراً (١٣) ودانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلالُهـــا وذُلِّلَتْ قُطُوفُهــا

تَدْلِیلاً (١٤) ویُطافُ عَلَیْهِمْ بِآنِیَةٍ مِنْ فِضَّةٍ وأكْوابٍ كانَتْ قَواریرَاً(١٥) قَواریرَ مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوها تَقْدِیراً(١٦) ویُسْقَونَ فِیها كَأْساً كانَ مِزاجُها زَنْجَبِیلاً (١٧) عَیْناً فِیها تُسَمَّی سَلْسَبِیلاً) (١٨)

حاڵی ئەو موسوڵمانە چاكانە وایە لە بەهەشتدا لەسەر كورسییەكانیان بە خۆشی پاڵ ئەدەنەوەو ، نە گەرما ئەبینن‌و نە ســـەرما • وە دارەكانی بەهەشت دائەنەون‌و شۆڕ ئەبنەوە بۆ سەریان ، بە جۆرێ ئەگەر رۆژ ببوایە سێبەری دارەكان ئەیدا بەسەریانا ، وە میوەكانیان وا نزم بوەتەوە هەركاتێ بیانەوێ دەستیان بۆ ببەن بێ ئەرك‌و زەحمەت دەستیان پێیان ئەگات •

وە گەردش ئەكرێ لەسەریان بە چەن كاسی زیوین‌و بە چەن كووپێكی ناسكی جوان كە مادەكەیان زیوەو ، ئەوانە خاوەنی صەفای شووشەو مادەی زیون ، وە شێوەیان لەسەر ئەو بارەیە كە خۆیان ئارەزوویان كردوەو بـە خەیاڵ رێكیان خستوە ، وە لەو بەهەشتانەدا چەن گلاسێ شەرابیان ئەدرێتێ بۆ خواردنەوە كە لەبەر تام‌و بۆن‌خۆشی زەنجەفیلی تێكەڵ‌كراوە • وە ئەم مەشرووباتە لەسەر چەشمەیێ دەرئەچێ كە بە سەلسەبیل ناوئەبرێ لەبـــەر ئاسانی هاتنەخوارەوەی لە پیاڵەداو ئاسانی رۆچوونی لە گەروودا •

(ویَطوفُ عَلَیْهِمْ وِلْـدانٌ مُخَلَّـدونَ إذا رَأیْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤاً مَنْثُوراً) (١٩)

وە چەن غولامێ بەسەر ئەهلی بەهەشتدا دەگەڕێن‌و هەمیشە ئامادەن بۆ خزمەتكردن ، كاتێ چاوت پێیان بكەوێ وا گومـــان ئەبـــەی كە دوڕو

جەواهیرن لەبەر پاکیو رووناکی ناوچاویان وە لە دورِی بلاّوی ناو مەجلیس ئەچن لە ئامادەیی هاتوچۆیانا •

(وا ِذَا رَاَیْتَ ثَمَّ رَاَیْتَ نَعِیماً ومُلْکاً کَبِیراً (٢٠) عالِیَهُمْ ثِیابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وِاسْتَبْرَق ، وحُلُّوا اَساوِرَ مِنْ فِضَّةٍ ، وسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَــراباً طَهُوراً (٢١) اِنَّ هـذا کانَ لَکُمْ جَزَاءً وکانَ سَعْیُکُمْ مَشْکُوراً) (٢٢)

وە کاتێ تەماشا بکەی لەو بەهەشتانەدا نیعمەتێکی زۆر لە بەرگو پۆشاکی نەرمو نیانو لە میوەی خۆشو گەواراو ، لە جۆرەها مەشرووبات لە ئاوی زەلالو ، لە شیرو ، لە هەنگوینو گۆشتی پەلەوەرو دەســـتەلاّتی بێئەندازەو زۆر ••• ئەبینی کە بۆ هەموو کەسێ هەیە بە جۆرێ کە بە دلّیا هاتوەو ، نە بە چاو دیویەتیو ، نە بە گوێ بیستوویەتی • وە چەن بەرگی حەریری سەوزی ناسكو ئەستووریان بەسەر لەشەوەیەو لەبەردایەو ، چەن بازنی زیویان لە دەستدایەو ، خودا شەرابی حەلاّلی دەرخوارد داون • وە بانگیان لێئەکرێ : ئەم خۆشیو رابواردنە بۆ ئێوە کراوە بە پاداشی هەولّو تێکۆشانتان لە فەرمانبەرداریو بەجێهێنانی ئەرکی ئاینیدا ، لە وازهێنان لە ئارەزووی نەفسیو ، بەجێهێنانی کاری بە ئازارو ، هەستان بۆ نوێژ لە کاتی سەرماو گەرماداو ، رۆژوو گرتن لە کاتی ناهەمواراو . بەخشینی مالّ لە کاتی پێویستیدا بەو مالّەو ، تەسلیمبوون بە قەزاو رازی بوون بە فەرمانی خودا • ئەمانە هەموو لە لای خودا مەقبوولنو ، ئەم رۆژەو ئەم شێوە پاداشتانە هەتا هەتایە •

(اِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنا عَلَیْكَ القُرْآنَ تَنْزِیلاً (٢٣) فَاصْبِرْ لِحُکْمِ رَبِّكَ ، ولا تُطِعْ مِنْهُمْ آثِماً اَوْ کَفُوراً) (٢٤)

ئێمە قورئانسان بۆ تۆ ناردەخوارەوە جاربەجارو بە پێی پێویست بۆ ئەوە کە هەر بازێکی ببێ بە دەرمانێکی بەسوود بۆ چەن کەس . دەی تۆیش خۆت بۆ فەرمانی خودای خۆت بگرەو ؛ ئەگەر ئازارێکت تۆش ببێ بـە خۆشی وەری بگرە . وە ئەگەر یارمەتیت داوا کرد خودا! بە خاوەن حیکمەت تەماشا بکە ؛ وە پەیڕەوی ئەو دوژمنانە مەکە ؛ چ ئەوانە کە دوژمنایەتیەکەیان وا لە دڵیاناو دەری ناخەن‌و ، چ ئەوانە کە دەری ئەخەن .

دەگێڕنەوە : ئەم ئایەتانە دەربارەی ئەبوجەهل هاتنەخوارەوە . کـە هەڕەشەی کردو وتی : ئەگەر محەمەدم چاوپێ بکەوێ ئەڕۆم بۆیی‌و پێ ئەنێمە سەر ملی !

وە هەندێ ئەڵێن : دەربارەی عوتبەی کوڕی رەبیعەو ، وەلیدی کوڕی موغیرە هاتوونەتە خوارەوە . هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت‌و وتیان : واز لەم داوای پێغەمەرێتی خۆتە بێنە ، ئەگەر ماڵت ئەوێ پێت ئەدەین‌و ! عوتبە وتی کچەکانم لە جوانترین کچانی قورەیشن‌و لەو کچانەت ئەدەمێ بە بێ مارەیی! جا وا دیارە (آثم) بۆ عوتبەو (کفور) بۆ ئەبوجەهل بێ .

(واذْكُرِ اسْـمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَاَصِيلاً (٢٥) ومِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ وسَبِّحْهُ لَيْـلاً طَوِيلاً (٢٦) اِنَّ هؤلاءِ يُحِبُّونَ العَاجِلَةَ ويَذَرُونَ وراءَهُمْ يَوْماً ثَقِيلاً (٢٧) نَحْنُ خَلَقْنَاهُمْ وشَدَدْنا اَسْرَهُمْ ، وِاذَا شِئْنَا بَدَّلْنَا اَمْثَالَهُمْ تَبْدِيلاً) (٢٨)

ئەی رەهبەر تۆ لەسەر زیکری خودای خۆت دەوام بکەو ؛ ئادەمیزاد بانگ بکە بۆ خودابەیەکناسی‌و فەرمانبـەرداری‌و ، لە بەیـانی‌و ئێوارەدا نوێژەکانت جێ بەجێ بکەو ، لە هەندێ کاتی شەودا سوجدە بۆ خودا ببەو ،

نوێژی فەرز بکە ــ واتە مەغریب‌و عیشاء ــ وە نوێژی بۆ بکە لە کاتی درێژ لە شەوا ، نیوەی شەو یا کەمتر یا زیاتر . وە هەرگیز وەکوو ئادەمیزادی بێ‌ئاگا دامەنیشە . بە راستی ئەو بێ‌ئاگایانە رابواردنی ئەم دنیا حازرەیان ئەوێ‌و . رۆژێکی گران وەکوو پاتەڕۆژ بەجێ‌دێڵن‌و ئەیخەنە دوای‌خۆیانەوە، واتە پشت‌گوێی ئەخەن‌و موبالاتی پێ ناکەن . ئەوانە نافامن کە ئێمە لە بەر حیکمەتی خۆمان مۆڵەتیان ئەدەین . ئەنا ئێمە ئەوانسان دروسـتکردووەو جمگەکانی لەشیانمان پتەو کردووەو هەر کاتێ خواستمان بێ وێنەی ئەوانە ئەگۆڕین بە گۆڕینی جەزری ، یا حوکم‌و فەرمـانـ‌و هێزو رێزیـان لێ وەرئەگرمەوەو ئەیانکەم بە ژێردەستەو لارەمل ، وە یا هـەر لـە رەگ‌و ریشەوە دەریان‌ئەکەم .

داری بێ‌بـەر و بێ نـرخ‌و سێبەر
ریشـەی بسـووتێ ، با نەیەتە دەر

(اِنَّ هذهِ تَذْكِرَةٌ ، فَمَنْ شاءَ اتَّخَذَ اِلى رَبِّهِ سَبِيلاً (٢٩) ومَا تَشاؤُنَ اِلاَّ اَنْ يَشَاءَ اللهُ : اِنَّ اللهَ كانَ عَلِيماً حَكِيماً (٣٠) يُدْخِلُ مَنْ يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ ، والظَّالِمِينَ اَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً اَلِيماً) (٣١)

واتە : ئەم سوورەتە خودا ئەخاتە بیری ئادەمیزاد ، دەی هەر کەسێ ئەیەوێ بگا بە خودای خۆی با رێگەیێ بگرێ تا بیگەیەنێ بە خودا . وە ئێوە ناتوانن خواستی ئەوە بکەن تا خواستی خودا (تعلـق) نەبەسـتێ بە خواستی ئێوەوە . بە راستی خودا زانایە بـە هـەموو کارێ‌و . خـاوەن حیکمەتە لە هەموو تەصەڕوفێکدا ، هەر کەسێ بیەوێ رەحمی پێ‌بکا ئەیخاتە ناو رەحمەتی خۆیەوەو ، سزایەکی سەختیشی بۆ ستەمکارەکان داناوە .

بزانن ! لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە ظاهیری (سبیلا)وە دەرئەکەوێ کە ڕێگە بۆ لای خودا زۆر بێ ؛ لەگەڵ ئەمەیشدا لەسەردەمی قورئانا ڕێگەی گەیشتن بە خودا هــەر قورئانەو بەس ! وە وەڵامی ئەم قسە ئەمەیە : هەرچەن لەو ئیسمە نەکیرەوە وا دەرئەکەوێ ڕێگەی خودا زۆرن • بەڵام مەبەس لێرەدا ئەو ڕێگە تایبەتی ئیسلامەیە کە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزە •

وە هەندێ تر ئەڵێن : مەبەست لە (سبیل) ئەصڵی دین نیە کە قورئانە ، بەڵکوو مەبەست ڕێگەی گەیشتنە بە فەهمی دین •

وە ڕێگەی ئەم فەهمە زۆرە ؛ بۆ نموونە : هەندێ کەس بـە بیستن لـە ماموٚستای تەربیەو ، هەندێ بە هاوڕێیی پیاوانی چاكو پاك ، وە هەندێ بە هۆی وریایی‌و بیرکردنەوەو بەڵگەدۆزینەوەی خۆیەوە •

وە هەندێ فەرموویانە : مەبەست لە (سبیل) ڕێگەی گەیشتنە بـە پاداش‌و قەبووڵی حوضووری خودا • وە ئەم ڕێگە زۆر زۆرە • هەندێ بە جیهادەو ، هەندێ بە ماڵ‌خەرجکردنەو ، هەندێ بــە صـــەرفی زانست‌و فێربوونیەتی‌و . هەندێ بە ئاشتکردنەوەو ناوبژی‌کردنی ناو خەڵکەو ، هەندێ بە خزمەتی بەدەنی‌و ، هەندێ بە خواردەمەنی دان‌و •• تاد •

دووەم ئەمەیە : هەندێ کەس وتوویانە ظاهیری ئەم ئایەتە وایە کە خواستی ئینسان بە دەستی خۆی نیەو ئەمە ئەکێشێتەوە بۆ سەر نەبوونی ئیختیارو نەبوونی ئیختیار پێچەوانەی ڕێبازی موسوڵمانانە !

وەڵامی ئەمە ئەوەیە : هەرچەن ظاهیری ئایەتەکە وەهایە بەڵام لە واقیعدا وا نیە ؛ چونکی مادام خودا لە ئەزەلدا عیلمی بوە کابرا لە داهاتوودا ئـەو (استعداد)ە کە هەیەتی چۆنی صەرف ئەکا •• لەسەر ئەو عیلمە ئیرادەی ئەو

شته‌ی کردووه . عیلم شێوه‌ی کرده‌وه‌ی ئینسان نیشان ئه‌دا . واتــه خودا ئه‌زانێ پاش ئه‌وه ئینسانێکی دروست کردو عه‌قڵو توانای پێدا ئه‌و که‌ســه به زاتی خۆی (استعداد)ه‌که‌ی له چاکه‌دا به مه‌یلی خۆی صه‌رف ئه‌کا ، وه یابه مه‌یلی خۆی له خراپه‌دا صه‌رفی ئه‌کا . خودا ئیراده‌ی ئه‌و کاره‌و ئیراده‌ی کابرا بۆ ئه‌و کاره ئه‌کا . به‌م پێیه کاتێ خودا له داهاتوودا ئیراده‌ی (تعلق)ی به‌ست به‌وه‌وه که ئیراده‌ی کابرا بێته‌جێگه‌و به‌و ئیراده‌یه که روو ئه‌کا لــه شته‌که ئه‌و شته بکرێ خودا ئیراده ئه‌زه‌لییه‌که‌ی ته‌طبیق‌کردوه کــه تابیعی عیلمه‌که‌ی خۆیه‌تی . وه ئاشکرایه عیلمه‌که‌یشی که‌شفی ئه‌وه‌ی کردوه کابرا به خواستی خۆی ته‌وجیهی عه‌زمی خۆی ئه‌کا بۆ مه‌به‌سته‌که‌ی خۆی .

جا لــه‌م باســـه‌دا نووسیومــه :

دووره لــه هۆش‌و فامــی ئاده‌مـــی
خه‌لیفــه‌ی خودای چه‌رخی عاله‌می
نه‌وعــی ئاده‌مــی بێ هۆش‌و فــام بێ
بێ عه‌قڵو عیلم‌و یاســاو نیظــام بێ
ئاده‌م به‌رێزه لــه لای خــوداوه‌نــد
ئه‌بــێ زانا بێ‌و ژیــرو هۆشـــمه‌ند
نابێ بێ به‌ش بێ له حه‌زی نه‌فســی
یا بێ باره بێ لــه نووری قودســی
جا بــۆ ئه‌نجامــی نیظامــی ته‌کلیف
کــه له خوداوه بۆی هات به ته‌شریف
ده‌سمایه‌ی پێدا عه‌قڵو ئیســـتیعداد
هــه‌روا عولوومــی ته‌علیمی ئوســـتاد
خواست‌و ئاره‌زوو بــۆ شه‌هوه‌ترانی
ئه‌خلاقــی به‌رزی نه‌وعی ئینســـانی
هه‌تا حامیل بــێ بــۆ باری ته‌کلیف
هه‌تا قابیل بێ بۆ ده‌رزی ته‌شـریف

ئەمنا کەس نالێ بە شەخصی مردوو :
هەستە لەم شوێنا لاچۆ زوو بەزوو !
یاخود بە عادەت کەس نالێ بە شێت :
ئاگات لەخۆت بێ کەس نەیەتە رێت !
قەت نالێ بە کوێـر : بڕوانە بۆ رێ
هەتا بەردێکت نەیەتە بەرپـێ ...
ئەمانــە دوورن لــە نیظامــی عــام
چ جای نیظامــی خالیقی عــەللام !
خــۆ لــەو لایشــەوە خــودا عالمــە
بــەوەی زالمــەو ، بەوەی ســالمــە
هەر لە ئەزەلــدا خودای (لایزال)
ئەزانــێ هەمــوو حالــی اســتقبال
ئەزانێ فــلان چــۆن رێکەوێ بۆی
مالی خەلك ئەبــا بۆ مالەکــەی خۆی
چۆن ئیستیعدادی خۆی ئەخاتە کار
چلۆن دێتــە ســەر صەرفی ئیختیار
ئیرادە ئەکــا بــە پێــی ئــەو عیلمە
کارێ تۆ ئەیکەی ، حەربە یا سیلمە
جــا تەعــەللوقــی ئیرادەی ثانـــی
نابــێ بــە ئیجبار ئەگــــەر بزانــی
هەروا ئیجادی عەمەلــی مەکســووب
موخالیف نیــە بــۆ عەینی مەطلووب
چونکە ئیجادی بــۆ یارۆی مەعلووم
لەسەر خواستی تۆ کرا بە مەرسووم
(نامی) وا ئەلــێ بــە دڵڕووناکــی
عیلم کاشــیفەو حاکــی بــە چاکــی

. . .

سووره‌تی مورسه‌لات ، له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، ئایه‌تی ٤٨ نه‌بێ ، ٥٠ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (همزه) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والمُرْسَلاتِ عُرْفاً ! (١) فَالعَاصِفَاتِ عَصْفاً ! (٢) والنَّاشِرَاتِ نَشْراً ! (٣) فَالفَارِقاتِ فَرْقاً ! (٤) فَالمُلْقِيَاتِ ذِكْراً ! (٥) عُذْراً اَوْ نُذْراً ! (٦) اِنَّما تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ) (٧)

واته : سوێند به‌و فریشتانه که یه‌ك له دوای یه‌ك‌و پۆل‌پۆل ره‌وانه‌کراون‌و گه‌ڕاون به جیهانا ، وه‌کوو بای (عاصیفه)به هێز ! وه سوێند به‌و فریشتانه که شه‌ریعه‌تیان به جیهاندا بلاوکردوه‌ته‌وه ! یاخود نوفووسی به نه‌زانی مردوویان به عیلم‌و زانستی ئیلهامی زیندوکردوه‌ته‌وه ، وه به هۆی ئه‌و عیلمه‌وه حه‌قیان له به‌تاڵ‌و ناحه‌ق جیاکردوه‌ته‌وه ، وه به‌و فریشتانه ذیکریان هێناوه بۆ لای پێغه‌مه‌ران تا ببێ به به‌ڵگه بۆ ئه‌هلی حه‌ق‌و ، به ئینذار بۆ ئه‌هلی کوفر .

یاخود سوێند به‌و ئایه‌تانی قورئانی پیرۆزه که یه‌ك له دوای یه‌ك ره‌وانه‌کراون بۆ لای پێغه‌مه‌رو کتێبه ئاسمانییه‌کانی دیکه‌یان (عصف) کردوه ، واته کوتاونیه‌ته‌وه به گۆڕینی ئه‌حکامی فه‌رعی‌و ، نه‌شری ئاثاری هیدایه‌تیان کرد له خۆرهه‌ڵات‌و خۆرنشیناو حه‌قیان له به‌تاڵ جیاکرده‌وه‌و زیکری حه‌قیان له جیهاندا بلاوکرده‌وه .

یاخود سوێند به‌و بایانه که ره‌وانه‌کراون به سزا بۆ سه‌ر گه‌لێکی

ناهەموارو ئەو گەلەیان بەربادکردوە ! وە بەو بایانە کـە بوون بـە هۆی ڕەحمەتو هەوریان بەرزکردوەتەوە لە ئاسماناو بوون بە هۆی ڕژاندنی بارانی ڕەحمەت ! وە بەو بایانە کە بوون بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەورو مەنعیـان کردن لە باراندنی باران ! **سوێند بەمانە هەمو ! ئەوەی کە بەڵێنتان پێدراوە** لە قیامەتو مردنی گیانلەبەرانو زیندوکردنەوەیانو حەشـرو نەشـریانو گەیشتنیان بە شوێنوماڵی پاداشو تۆڵە .. ئەوە راسـتەو گومـانی تێدا نیە .

(فَإِذا النُّجُومُ طُمِسَتْ (٨) وَإِذا السَّماءُ فُرِجَتْ (٩) وَإِذا الْجِبالُ نُسِفَتْ (١٠) وَإِذا الرُّسُلُ أُقِّتَتْ (١١) لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ (١٢) لِيَوْمِ الْفَصْلِ (١٣) وَما أَدْراكَ ما يَوْمُ الْفَصْلِ (١٤) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ) (١٥)

ئەگەر ئەپرسن ئەو ڕۆژی قیامەتی بەڵێنپێدراوە کەی دێتە جێ ، بزانن کاتێ کە ئەستێرەکانی ئاسمان ڕووناکییان نەماو تاریك بوونو . کاتێ کـە ئاسمان پارچەپارچە بوو ، وە کاتێ کێوەکان بە با کران وەکوو خەرمان شەن بکرێو ، کاتێ کە پێغەمەرەکان کاتو وادەیان بۆ دیاری کرا بۆ ئەوە بێن بۆ شایەتی لەسەر گەلەکانیان لە ڕۆژی بڕینەوەی ئاژاوە لە نێوان بەندەکانی خودادا . وە تۆ چووزانی ئەو ڕۆژی بڕینەوەی ئاژاوەی نێوان خەڵکە چ ڕۆژێکە ! ڕۆژێکی زۆر سەختو دژوارە . هاوار لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو کەسانە کە حەقو ڕاستیو ئایین بەدرۆ ئەخەنەوە .

(أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ (١٦) ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الْآخِرِينَ ؟ (١٧) كَذلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ (١٨) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ)(١٩)

ئایا ئێمە کافرە پێشوەکانمان لەناو نەبردوەو بەربادمان نەکردوونو دوای ئەوانیش چینە دواییەکانیشیانمان بە شوێن ئەواندا لەناو نەبردوە ؟ هەر بەو جۆرە مامەڵەو رەفتار لەگەڵ تاوانباراندا دەکەین ، هاواروماڵکاولی لەو رۆژەدا بۆ ئەو کەسانە کە پێغەمەرانیان بەدرۆ خستوەتەوە •

وە ئەتوانین بڵێین مەبەست لە (اولین) کافرە زۆر کۆنەکانەو ، مەبەست لە (آخرین) کافرانی مەکەیە لە سەردەمی حەزرەتداو ، مەبەست لە (مجرمین) تاوانبارانی دوای چەرخی حەزرەتە ، وەکوو تاوانبارانی پاش ئەو تا رۆژی قیامەت

(اَلَمْ نَخْلُقْكُمْ مِنْ ماءٍ مَهِينٍ (٢٠) فَجَعَلْنَاهُ فِي قَرَارٍ مَكِينٍ (٢١) اِلى قَدَرٍ مَعْلُومٍ (٢٢) فَقَدَرْنا ، فَنِعْمَ القَادِرُونَ ؟ (٢٣) وَيلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ) (٢٤)

ئایا من ئێوەم لە ئاوێکی بێ نرخو قیزەون دروست نەکردوە کە دوای ئەوە لە ئارامگایەکی دامەزراودا وەکوو منداڵدان بێ دامان ناوە هەتا ئەندازەیەکی زانراو لە کاتو تەوانامان هەبوو لەسەر ئەوە کە کردمان ؟ جا ئێمە تەوانایەکی زۆر باشین •

(اَلَمْ نَجْعَلِ الأَرْضَ كِفَاتاً (٢٥) اَحْيَاءً وَاَمْوَاتاً (٢٦) وجَعَلْنَا فِيها رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ واَسْقَيْنَاكُمْ ماءً فُراتاً ؟ (٢٧) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلمُكَذِّبِينَ) (٢٨)

ئایا ئێمە زەویمان نەکردوە بە داگیرکەر بۆ ئێوە چ زینـدوو بنوچ مردوو بن ؟ بەڵێ زەویمان کردوە بە مەڵبەندی گشتیو دروستمان کردوە لە

زەویدا چەن کێوێکی گەورەی دامەزراوی بوڵەندو ، ئاومانداں بە ئاوێکی خۆشی گەوارا . دەی ئەم نیعمەتانە پێویستی سوپاسن بۆ خودا ، جــا هەرکەسێ باوەڕ بە پەروەردگار بکاو سوپاسی بکا ئەوە خۆشیو ئاسایشی هەیەو هەرکەسێ بێباوەڕی نیشان بدا ئەوە وەیلو هاواری بۆ دانراوە .

(اِنْطَلِقُوا اِلى ما كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ (٢٩) اِنْطَلِقُوا اِلى ظِلٍّ ذِي ثَلاثِ شُعَبٍ (٣٠) لا ظَلِيلٍ ولا يُغْنِي مِنَ اللَّهَبِ (٣١) اِنَّها تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ (٣٢)كَاَنَّهُ جِمَالَةٌ صُفْرٌ (٣٣) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (٣٤) هذا يَوْمُ لا يَنْطِقُونَ (٣٥) ولا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ (٣٦) ويْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (٣٧) هذا يَوْمُ الفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ والأَوَّلِينَ (٣٨) فَإِنْ كانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ (٣٩) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ) (٤٠)

واتە : لە لایەنی فریشتەی بەرپرسیاری سزاوە پێیان‌ئەوترێ : یاڵلا بڕۆن بۆ لای ئەو زیندانی سزایە کە باوەڕتان پێ‌نەدەکردو بە درۆتان دائەنا ، بڕۆن بۆ لای ئەو دووکەڵە گەرمە کە بوە بە سێ بەشو شاخەوە ؛ خاوەن سێبەرێ نیە کە سوودی لێ وەربگیرێو ، چاری بڵێسەی گەرمای دۆزەخیش ناکا .
واتە ئەو سێبەرە دووکەڵی دۆزەخەو هەوری سایەدار نیەو ، مادەیێ نیە کە گەرما لابەرێ بەڵکوو خۆی لە گەرمای دۆزەخ پەیدا ئەبێ .

ئەو خانووی زیندانی سزایە کە دۆزەخــە پزیسکی وا فڕەئەدا لــە گەورەییدا وەکوو باڵەخانە وەهایە ، وە ئەو پزیسکە لە گەورەییو زەردیدا وەکوو وشتری زەرد وایە . یاخود لە درێژیدا وەکوو گوریسی کەشتی وایە. جا هاوار لەم رۆژەدا بۆ ئەوانە کە باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر نەدەکرد ، یا باوەڕیان بە بوونی ئەو دۆزەخە نەدەکرد .

ئه‌و رۆژه رۆژێکه ئه‌و کافرانه قسه به ده‌میانا نایێ‌و ماوه‌ی قسه‌کردنیان نادرێ هه‌تا عوزرێ بێننه‌وه • هاوار له‌و رۆژه‌دا بۆ بێباوه‌ڕه‌کان • ئه‌و رۆژه رۆژی بڕینه‌وه‌ی ئاژاوه‌و حوکمدانه به‌سه‌ر زاڵماندا له سه‌ر حه‌قی سته‌ملێکراوان •

ئه‌ی کافرانی قوره‌یش ئێوه‌م له‌گه‌ڵ کافره پێشوه‌کاندا گرد کردوه‌ته‌وه، جا ئه‌گه‌ر حیله‌و فێڵێکتان هه‌یه‌و به‌و فێڵه ئه‌توانن خۆتان رزگار بکه‌ن فه‌رموون ئه‌و فێڵه‌مان له‌گه‌ڵدا بکه‌ن ! هاوار له‌م رۆژه‌دا بۆ بێباوه‌ڕه‌کان •

(إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ (٤١) وَفَوَاكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٤٢) كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئاً بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٤٣) إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (٤٤) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ)(٤٥)

به راستی ئه‌وانه که ئه‌هلی ته‌قوا بوون له دنیادا ــ له رۆژی قیامه‌تدا وان له ژێر سێبه‌ری باخی به‌هه‌شتاو وان له‌سه‌ر چه‌شمه‌ی ئاوه زه‌لاڵه‌کاناو. وان له ناو چه‌ن جۆر میوه‌دا له‌وانه که ئاره‌زوو ئه‌که‌ن بیانخۆن • پێیـان ده‌وترێ : بخۆن له‌و خوارده‌مه‌نییانه‌و ، بخۆنه‌وه له‌و چه‌شمه خۆشانه ؛ ئه‌مه‌یش پاداشی ئه‌وه‌یه که له دنیادا ئه‌تان‌کرد ، بێگومان ئێمه وه‌ها پاداشی خاوه‌ن چاکه‌کان ئه‌ده‌ینه‌وه‌و ، هاوار بۆ ئه‌وانه که بێباوه‌ڕ بوون •

(كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلاً إِنَّكُمْ مُجْرِمُونَ (٤٦) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (٤٧) وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ : ارْكَعُوا لَا يَرْكَعُونَ (٤٨) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (٤٩) فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ؟) (٥٠)

وە بە تاوانبارەکانیش دەوترێ : بخۆن و بخۆنەوەو ، مــاوەیەکی کەم لە دنیادا رابوێرن بە راستی ئێوە تاوانبارن ، هاوار بۆ ئەوانە کە بێباوەڕن. وە کاتێ بەو کافرانە بوترێ : نوێژ بکەن و روکووعی تێدا ببــەن ئــەوان روکووع نابەن ، هاوار بۆ بێ باوەڕەکان • جا ئیتر پاش وتاری خودا باوەڕ بە چ وتارێ ئەکەن ؟ (**آمنا بالله رب العالمين**) •

سوورەتی نەبەء لە سوورەتە مەکەییەکانە ، چل‌ویەك ئایەتە ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ؟ (١) عَنِ النَّبَأِ العَظِيمِ (٢) الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ (٣) كلاَّ سَيَعْلَمُونَ (٤) ثُمَّ كَلاَّ سَيَعْلَمُونَ)(٥)

کافرەکانی قورەیش کاتێ باسی هاتنی رۆژی قیامەتیان ئەهێنایە پێشەوە لەناو خۆیاندا بە گاڵتەو گەپەوە پرسیاریان دەکردو ئەیانوت : کەی رۆژی قیامەت دێت ؟ وە جاربەجار بە هەمان مەبەست پرسیاریان لە حەزرەت ئەکردو ئەیانوت : کەی رۆژی قیامەت دێتو ؟ قیامەت چۆنەو ؟ چلۆن دێتەجێ ؟ جا خودای تەعالا بە ئیستینکارەوە ئەم ئایەتانەی ناردەخوارەوە

واتە : ئەو کافرانە پرسیار لە چی ئەکەن ؟! لەو رووداوە گرنگە گەورە کە ئەوان جیاوازییان تیایا هەیە ، کە بازێکیان ئەڵێ : هەرگیز شتی وا روونادا، وە هەندێکیان بە گومانەوە ئەمە دەڵێن ٠ خودا لەسەر ئەو وتارە نابارە بە سەختی سەرزەنشتیان ئەکاو پێیان ئەڵێ : لەمەولا ئەزانن ، بە بێ گومان لەمەولا ئەزانن کە ئەو رووداوە هەیەو رۆژێکی سەختو ترسناکە ٠

(أَلَمْ نَجْعَلِ الأَرْضَ مِهَاداً ؟ (٦) والجِبَالَ أَوْتَاداً ؟ (٧) وخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجاً (٨) وجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتاً (٩) وجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاساً (١٠) وجَعَلْنَا النَّهارَ مَعَاشاً (١١) وبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعاً شِدَاداً (١٢) وجَعَلْنَا سِرَاجاً وَهَّاجاً (١٣) وأَنْزَلْنَا مِنَ

المُعْصِرَاتِ ماءً ثَجَّاجاً (١٤) لِنُخْرِجَ بِهِ حَبّـاً ونَبَاتاً (١٥) وجَنَّاتٍ اَلفَافاً ؟) (١٦)

واتە : ئەم ئادەمیزادانە بۆچی ئەوەندە بێ هۆش‌و گۆشن ؟ بۆ چاویان ناکەنەوە تا تەماشای ئەم دەسگاو بارەگا گەورە بکەن کە بە هێزی ئێمـە دروستکراوە ؟ بۆچی بیر لەم یاسای شەوو رۆژە ناکەنەوە کە کاتی کاسبی‌و ژیوارو **ئارام‌و ئاسایشە ؟ بۆ ناڕوانن بۆ یاسای کۆمەڵایەتی‌و بۆ رەســم‌و** یاسای خێزان‌و ژن‌و مێردایەتی ؟ کە ئەمانە هەموو بەڵگەی روو ناکن لەسەر بوونی پەروەردگارێکی تەوانا کە ئەم جیهانەی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، وە کەسێك بتوانێ لە نەبوونەوە جیهانێکی ئاوا دروســـتبکات ئەتوانێ بوودیش نابوود بکات‌و ، رۆژی قیامەت بێنێ •

ئایا ئێمە ئەم زەوییەمان نەکردوە بە ئارامگای ئەوان‌و ؟ کێوەکانم نەکردوە بە مێخ بۆ دامەزراندنی زەوی‌و راگرتنی میزانی جسوجووڵی لـە کاتی خولانەوەو هەڵسووڕانی بە دەوری خۆیداو بە دەوری رۆژا ؟ وە ئێوەم کردوە بە خاوەن هاوجووت ، واتە هەندێکتان بە نێرو هەندێکتان بە مێ ، تا کامەرانی هەردوو بێتەجێ ، وە نوستنم کردوە بە هۆی ئاسایشتان لەبـەر دوورخستنەوەتان لە هەستکردن بە بینراو ، وە شەومان بۆ کردوون بە بەرگ‌و پۆشاك ، واتە شەوان لە دوژمنان ئەتانشارنەوەو پەردەن لە نێوان ئێوەو بێگانەدا • وەرۆژمان بۆ کردوون بە هۆی ژیان‌و کاتی پەیداکردنی ژیوار ، وە حەوت ئاسمانی خاوەن هێزو ویسمانمـان لـە پشـت ســـەرتانەوە دروستکردوەو ، لە ناو ئەو ئاسمانانەدا چرایەکمان دروســتکردوە کـە ئەدرەوشێتەوە • وە دامان‌پەڕاندو بارانمان بۆتان بە هۆی ئەو با بەهێزانەوە کە هەورەکان ئەگوشن ئاوو بارانێکی لێزمەو خورزم بۆ ئەوە بەو ئـاوە

گیای خاوه‌ن دانه وه‌کوو گه‌نم‌و جۆو هاووێنه‌یان‌و ، گیای وایش که خۆی ئه‌بێ به له‌وه‌ڕ بۆ گیانداران .. له زه‌وی ده‌ربکه‌ین‌و بڕوێنین به‌و بارانه چه‌ن باخاتێ که داره‌کانیان به یه‌کا پێچراون‌و تێکه‌ڵ بوون وه‌ك بێشه‌و جه‌نگه‌ڵ .

(إِنَّ يَوْمَ الفَصْلِ كانَ مِيقاتاً (١٧) يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجاً (١٨) وفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكانَتْ أَبْوَاباً (١٩) وسُيِّرَتِ الجِبَالُ فَكانَتْ سَرَاباً) (٢٠)

به راستی ڕۆژی بڕینه‌وه‌ی ئاژاوه‌و حوكمدان له نێوان (مدعی)و (مدعی علیه) دا بوه به كات‌و واده‌ی دیاری‌كراو بۆ گه‌یشتنی هه‌ركه‌سێ به پاداشی بیرو باوه‌ڕو كرده‌وه‌ی خۆی ، وه ڕۆژێكه كه فوو ئه‌كرێ به (صور)ا جا هه‌موو گیانداری مردوو زیندووئه‌كرێنه‌وه‌و ، هه‌مووتان پۆل‌پۆل دێن بۆ لای مه‌یدانی لێ‌پرسینه‌وه‌و ، ئاسمانه‌كان ئه‌كرێنه‌وه‌و له‌به‌ر زۆری ده‌رگا ئه‌ڵێی هه‌موو بوون به ده‌رگا ، وه كێوه‌كان هه‌وائه‌خرێن‌و به وێنه‌ی سه‌رابیان لێ دێ ، واته له دووره‌وه وه‌ك ته‌م دیارن‌و كاتێ نزیك بوویته‌وه به‌و جۆره نیه كه له دووره‌وه ده‌تبینی .

بزانن ! ئه‌گه‌ر ئه‌م فووپێداكردنه به فووپێداكردنی دووهه‌م ته‌فسیر بكرێته‌وه پێویسته ئه‌و ده‌رگاكردنه‌وه‌و خستنه‌ڕێ‌و به‌رزكردنه‌وه‌ی كێوانه به ڕووداوی پێش كاتی لێپرسینه‌وه‌ی قیامه‌ت ته‌فسیربكرێته‌وه . وه ئه‌گه‌ر به فووی یه‌كه‌م ته‌فسیر بكرێته‌وه ئه‌وه ئه‌و ده‌ر گاكردنه‌وه‌و كێوخستنه‌ڕێگه له جێگه‌ی خۆیاندان ، به‌ڵام ئه‌بێ (فتاتون افواجا) به ته‌قدیری هاتنه‌كه‌ی ته‌ئویل بكرێ نه‌ك به هاتنه‌كه خۆی ؛ چونكه له كاتی فووی یه‌كه‌مدا هه‌ر عاله‌م وێران ئه‌بێ‌و به‌س .

(اِنَّ جَهَنَّمَ كانَتْ مِرْصاداً (٢١) لِلطّاغِينَ مَآباً (٢٢) لابِثِينَ فِيهَا اَحْقاباً (٢٣) لا يَذُوقُونَ فِيها بَرْداً ولا شَـــرَاباً (٢٤) اِلاّ حَمِيماً وغَسّاقاً (٢٥) جَزَاءً وِفاقاً (٢٦) اِنَّهُمْ كانُوا لا يَـرْجُونَ حِساباً (٢٧) وكَذَّبُوا بِآياتِنا كِذّاباً (٢٨) وكُلَّ شَيْءٍ احْصَيْنَاهُ كِتَاباً (٢٩) فَذُوقُوا فَلَنْ نَزِيدَكُمْ اِلاّ عَذَاباً) (٣٠)

بێگومان دۆزەخ بڕیاردراوە بە شوێنی چاوەڕوانی فریشتەی ســـزا بۆ هێنانی تاوانبارەکان ، وە دانراوە بە شوێنو مەڵبەندی ئەوانە کە لە دنیادا بایی بوونو لە سنووری شەرم لایانداوە ، ئەمانە بە سزاوە لە دۆزەخـــدا زەمانێکی دوورو درێژ ئەمێننەوە ، چەرخ لە دوای چەرخو ، سەدە لە دوای سەدە .

صەدساڵ (حەقب)یکە ، لە پاش دووصەدساڵ
ئەبـــێ بـــە (احقـــاب) بە ئـــەدنا کـــەماڵ
مـــەبـــەســـ لـــێرەدا نـــەبـــڕانـــەوەیـــە
بـــۆ ئـــەهلـــی دۆزەخ بـــە هـــەزاران ســـاڵ

وە لەو ماوە دوورو درێژەی دۆزەخدا ئاوێکی ســـارد یا تەڕاییەکی بەلەزەت ناچێژن ، خواردنەوەیان هەر ئاوێکی گەرمی ڕێخۆڵەبڕو ، ئاوێکی پیسی قیزەونی وێنەی زریچکاوی لەشی بریندارە ، دۆزەخییەکانو ئـــەو تۆڵە کە لێیاندەکرێتەوە بەم شێوە تۆڵەیەکی موافیقو ڕێكو سەربەسەری بیروباوەڕی ناهەمواری ئەوانە ؛ چونکی بە ڕاستی ئەو کافرانە بە هیچ جۆرێ بە تەمای لێپرسینەوەی بیرو باوەڕو کردەوەی نابار نەبوون ؛ چونکی باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نەبوو ، باوەڕیان بە پەروەردگاری تەوانا نەبوو ، وە ئەگەر بە هەزاران ساڵ بسانایاتەوە لەسەر ئەو بیرو باوەڕە نابارەو لەســـەر ئـــەو کردەوە ناهەموارە ئەمانەوە ، وەکوو ئەڵێن سزای نەبڕاوە تۆڵەی بێباوەڕیی

نه‌براوه‌یه • خودا فه‌رموویه‌تی : (ولو ردوا لعادو لما نهوا عنه) • ئه‌وانـه وه‌کوو چاوه‌ڕوانی لێپرسینه‌وه‌یان نه‌ده‌کرد ساڵ به‌ساڵ و مانگ به‌مانگ و رۆژ به‌رۆژ بێباوه‌ڕی و گاڵته‌کردنیان به‌ ئایه‌ته‌کانی قورئانی ئێمه ، یا به‌ به‌ڵگه‌کانی ته‌نهایی و یه‌کیه‌تی ئێمه ئه‌کرد ، وه‌ هه‌موو که‌م و زۆرێ له‌ ئه‌حواڵی ئـه‌و کافرانه‌مان نووسیوه‌و تۆمارمان کردوون به‌ شێوه‌یه‌کی ته‌واو • ده‌ی بچێژن **هه‌رگیز له‌ سزا زیاتر هیچتان بۆ زیاد ناکه‌ین • له‌ حه‌دیثی شه‌ریفا هه‌یه : ئه‌م** ئایه‌ته‌ سه‌ختترین ئایه‌تی قورئانه‌ له‌سه‌ر ئه‌هلی دۆزه‌خ • خودا په‌نامان بدا •

(اِنَّ لِلمُتَّقِينَ مَفازاً (٣١) حدائِقَ واَعْنَاباً (٣٢) وكواعِبَ اَترَاباً (٣٣) وكاْساً دِهاقاً (٣٤) لا يَسْمَعُونَ فِيهـا لَغْواً ولا كِذَّاباً (٣٥) جَزَاءً مِنْ رَبِّكَ عَطاءً حِساباً (٣٦) رَبِّ السَّماوَاتِ والأَرْضِ ومَا بَيْنَهُما الرَّحْمانِ . لا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطاباً (٣٧)

به‌ راستی هه‌یه‌ بۆ له‌خوداترساوان گه‌یشتن به‌ ئه‌نجامێکی چاك ، یا بۆ ئه‌وان هه‌یه‌ مه‌یدانێکی گوشاد بۆ رابواردن و له‌زه‌ت وه‌رگرتن ، وه‌ ئه‌و مه‌یدانه گوشاده هه‌ندێکی باقچه‌ی میوه‌داره‌ که‌ میوه‌که‌یان ترێیه‌و ؛ بۆیان هه‌یـه **چه‌ن حۆریی تازه‌مه‌مك کردووی هاوته‌مه‌ن و ، پیاڵه‌ی پڕ له‌ شه‌رابی پاك و ،** له‌و به‌هه‌شتانه‌دا وتاری پووچ و درۆو بێسوود نابیسن • ئه‌مانه‌یان پێ ئه‌درێ به‌ پاداشی کرده‌وه‌یان له‌ لایه‌نی خودای تۆوه‌ به‌ که‌ره‌م و به‌خشین به‌ شێوه‌یێ کافی بێ بۆیان و که‌م و کووڕیی تێدا نه‌بێ ئه‌و خودای تۆیه‌ کـه‌ خودای ئاسـمانه‌کان و زه‌وی و نێوانی ئه‌وانه‌و ؛ خودای میهره‌بانه‌و ، خودایه‌کی وه‌هایه‌ که‌س له‌و عالـه‌مه‌ خاوه‌ن خیطاب و خاوه‌ن ئیعتیراض و خاوه‌ن حساب نیه‌ له‌سه‌ر خودای ته‌عالا ؛ چونکی له‌ هه‌موو کاره‌کانیا به‌ عه‌داله‌ت و فه‌ضل و میهره‌بانی ره‌فتار ئه‌کا •

(يَومَ يَقُومُ الرّوحُ والملائِكَةُ صَفاً ، لا يَتَكَلَّمُونَ اِلاّ مَنْ اَذِنَ لَهُ الرَّحْمان ، وقالَ صَواباً (٣٨) ذلِكَ اليَومُ الحَقّ فَمَن شاءَ اتَّخَذَ اِلى رَبِّهِ مَآباً (٣٩) اِنّا اَنذَرْناكُم عَذاباً قَرِيباً ، يَومَ يَنْظُرُ المَرْءُ ما قَدَّمَتْ يَداهُ ، ويَقُولُ الكافِرُ : يا لَيتَني كُنْتُ تُراباً !) (٤٠)

لەو رۆژەدا كەس هيچ بەدەس نيەو كەس ناتوانێ هيچ قسەیێ بکا ، لەو رۆژەدا کە جوبرەئیلو هەموو فریشتەکان بە ریز ئەوەستنو ، بە خێرو شەڕ هیچ وتارێ بە دەمیانا نایێ ، کەسێ نەبێ خودا ئیذنی بـداو ئەویش قسەی باش بکا • ئەو رۆژە رۆژێکی حەقو دامەزراوە ، جـا هەرکەسێ ئارەزووی هەیە با رێگەیێ بگرێ کە بیگەیەنێ بە خێرو پاداش لە لای خودا• ئێمە بە سزایەکی سەخت ئەتانترسێنینو پێتان ئەڵێین : بەم زوانە سزایەکی سەخت دامەزگیرتان ئەبێ ، ئەو سزایش بۆیە بە نـزیك دادەنرێ چونکـە قیامەت هەر دێتو گومانی تێدا نیەو هەرچیش بێت نزیکە • لەو رۆژەدا ئادەمیزاد ئەڕوانێ بۆ ئەوەی لە دنیادا بە دەستی خۆی کردوویەتیو پێش خۆی خستوەو ناردوویەتی بۆ ئەو رۆژە • وە کافریش هاوارئەکاو ئەڵێ : خۆزگا هەر گڵ بووماییو دروستنەکرایەم هەتا موکەللەف نەبووماییو تووشی لێپرسینەوە نەبوومایە •

سوورەتی (نازیعات) لە سوورەتە مەکەییەکانــە ، چلو شــەش ئایەتە ، دوای سوورەتی نەبەء هاتوەتــە خوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والنَّازِعَاتِ غَرْقاً ! (١) والنَّاشِطَاتِ نَشْطاً ! (٢) والسَّابِحَاتِ سَبْحاً ! (٣) فَالسَّابِقَاتِ سبْقاً ! (٤) فَالمُدَبِّرَاتِ أَمْراً ! (٥) يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ (٦) تَتْبَعُهَا الرَّادِفَةُ (٧) قُلوبٌ يَوْمَئِذٍ واجِفَةٌ (٨) أَبْصَارُها خَاشِعَةٌ (٩) يَقُولُونَ : أَإِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي الحَافِرَةِ ؟ (١٠) أَإِذَا كُنَّا عِظَاماً نَخِرَةً ؟! (١١) قالُوا : تِلْكَ اذاً كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ (١٢) فإِنَّما هِيَ زَجْرَةٌ واحِدَةٌ (١٣) ، فإِذَا هُمْ بِالسَّاهِرَةِ) (١٤)

سوێند بەو فریشتانە کە گیانی کافرەکان لە لەشیان بــە ســەختی دەردەکێشن ! وە بەو فریشتانە کە گیانی موسوڵمانەکان بە خۆشیو ئارامی دەردێنن ! وە سوێند بەو فریشتانە کە وەکوو مەلەوان بە ئاسانی بە دنیادا ئەڕۆن بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خودا ! وە ســـوێند بەو فریشتانە کــە لە فریشتەکانی دیکە پێشدەکەون لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا ! وە سوێند بەو فریشتانە کە تەدبیری ئیشوکار ئەکەنو چاری تەنگوچەڵەمەی جیهـــان ئەکەن ! سوێند بە هەموو ئەم شتە پاکانە قیامەت بەرپا ئەبێو ، ئەم جیهانە روو لە لەناوچوون ئەکا ، لەو رۆژەدا کە هەرچی لە بارەیدا بێ بجووڵێتەوە ئەکەوێتە تەکانو هاتوچۆو ، بە شوێنی ئەو تەکانو جونبوشەدا دێ ئەوەی

بەشوێنیدا دێت • وە ئەوەی داکەوێ لە ئەستێرەو مانگو رۆژو باقی مەوادی کائینات لە عالەمی زەوی‌و ئاسمانا گەلێ دڵ هەن لەو رۆژەدا کە وان لـە هاتوچۆو چەپۆکانا ، وە چاوی خاوەنەکانیان لە ترسـایەو بەرەو زەوی ئەڕوانێ •

وە ئەم کافرانەیش ئەوەندە بێ هەست‌و هۆشن ئەڵێن : ئایا ئێمـە لە چاڵی گۆڕ دەرئەهێنن‌و جارێکی تر زیندووئەبینەوە ؟! ئایا کاتێ دوای ئەوە بووین بە ئێسقانی رزیو زیندووئەکرێینەوە ؟! ئەگـەر ئەمە بێ‌و بێتـەجێ گەڕانەوەیەکی زیانبارەو خاوەنەکەی لە زیاندایە ؛ چونکی لـە کاتی ژینی دنیادا ئینکاری کردوە لەگەڵ هەموو پاداش‌و تۆڵەیەکدا • جا مادام بێتەجێ ئەبێ ئێمە سزا بدرێین • ئەوانە ئیمڕۆ بە هەموو هێزێ ئەڕۆن بە گژی ئـەم بیرو باوەڕەدا کەچی ئەوەنە ئەزانی کە تاقە دەنگێکی بـە هێزو بـە سام روو ئەداو بەو دەنگە ئەو مردووانە زیندووئەبنەوەو دوایی لێ‌ئەخوڕرێن بـۆ کۆمەڵگای قیامەت‌و سارای لێپرسینەوەو ، ئەوەنەی پێ ناچێ تەماشـــا ئەکەن وان لە زەوییەکی سافی سپی‌و چۆڵدا راوەستاون •

(هَلْ اَتاكَ حَدِيثُ مُوسى ؟ (١٥) اِذْ ناداهُ رَبُّـهُ بِالْوادِ المُقَدَّسِ طُوى (١٦) اِذْهَبْ اِلى فِرْعَوْنَ اِنَّهُ طَغى (١٧) فَقُلْ هَلْ لَكَ اَنْ تَزَكّى (١٨) واَهْدِيَكَ اِلى رَبِّكَ فَتَخْشى ؟ (١٩) فَاَراهُ الآيَـةَ الكُبْرى (٢٠) فَكَذَّبَ وَعَصى (٢١) ثُمَّ اَدْبَـرَ يَسْعى (٢٢) فَحَشَرَ فَنادى (٢٣) فَقالَ : اَنَا رَبُّكُمُ الأعلى ! (٢٤) فَاَخَذَهُ اللهُ نَكالَ الآخِرَةِ والاُولى (٢٥) اِنَّ فِي ذلِكَ لَعِبْرَةً لِمَنْ يَخشى) (٢٦)

ئایا رووداوو بەسەرهاتی مووسا گەیشتوە بە تۆ ؟ کاتێ کە خودا بــە میهرەبانی خۆی بانگی کردو ئەویش لەو دەمەدا لە شیوی پیرۆزی (طوی)دا بو لە (سینا)دا •• بانگی لێکردو فەرمووی : ببە بە پێغەمەری منو بــڕۆ بۆ لای فیرعەون ، پاشای قیبطییەکانو ، بەنی ئیسرائیل لە ولاتی میصردا • بە راستی فیرعەون بایی بوەو لــە ستەمکاریدا لە سنوور دەرچوەو ئەوپەڕی گرتوە • جا پێی بلێ : ئــایا ئەتەوێ ئارەزووی نەفســـی خـــۆت لــە لادانو دەمارو بایی‌بوون پاك‌بکەیتەوەو خۆت لە ســـتەمکردن لە داماوو هەژارانو گیرۆدەکردنی داماوان بە کوشتنو رزگار بکەی ، جـا تۆبــە بکەی لەو کارە نابارانەو من شارەزات بکــەم بۆ لای خودای خۆت جـا بیناسیو لێی‌بترسیو خودا بە راستی بپەرستی ؟

وە موسا بە یارمەتی خودا مووەفەق بوو ، وە خودا ئــەو موعجیزە گەورەیە خستە بەرچاوی کە وەرگەڕانی دارێکە بە مارێكو عاســایێ بــە ئەژدیهایێ • لەگەڵ ئەوەیشــدا فیرعــەون هــەر بــاوەڕی پێ‌نەکــردو بەدرۆی‌خستەوەو ، بە جادووگەری دانا •

[یا پاش ئەوە خودا فەرمانی دا بە مووســا ــ مووســاچوو بۆ لای فیرعەونو بانگی‌کرد بۆ رێگەی خوداو ، دوای ئەوە موعجیزە گەورەکەی نیشان دا ، کەچی ئەو هەر باوەڕی پێ‌نەکرد !]

وە پاش ئەوە پشتی هەڵکردو بە ناو ولاتەکەدا گەڕاو ، ســوپایەکی زۆری گردکردەوە ، جا بە راسەریانەوە راوەستاو وتی : من خودای گەورەی ئێوەم ! جا خودای تەعالا قاری جۆشاو ، گرتیو تۆڵەی بەرو دوای لێ کردەوە •

بزانن ! ئەم عیبارەتە بۆ ئەوە ئەشێ کە هەرچی تاوانی فیرعەون هەبوە، کۆنەو تازە ، خودا تۆڵەی هەمووی لێ سەندوە •

وە هەندێ لە زانایان وتوویانە : فیرعەون لە پێش ئـــەم عیبـــارەتەدا وتبووی : (ما علمت لکم من اله غیری) جا لە پاشان وتی : (انا ربکم الاعلی) وە خودا حەقی هەردوو قسەکەی لێ سەند ، لە دنیادابە خنکاندنی لە ئاوی نیلداو ، لە پاشەڕۆژیشدا بە ئاگری دۆزەخ واتە : ئەم تۆڵەی بۆ بڕیاردا.

وە بە راستی لەم تۆڵەلێسەندنەوەدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسێ **کە لە خودا بترسێ •**

(ءَاَنْتُمْ اَشَدُّ خَلْقاً امِ السَّمَاءُ ؟ بَنَاهَا (٢٧) رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا (٢٨) واَغْطَشَ لَيْلَهَا واَخْرَجَ ضُحَاهَا (٢٩) والأَرْضَ بَعْدَ ذلِكَ دَحَاهَا (٣٠) اَخْرَجَ مِنْهَـا ماءَهَـا ومَرْعَاهَـا (٣١) والْجِبَالَ اَرْسَاهَا (٣٢) مَتَاعاً لَكُمْ وِلأَنعامِكُمْ) (٣٣)

ئەی ئادەمیزادی دوور لە ئینسافو بیری جوان ! باش بە دڵ بڕوانن ئایا ئێوە بەهێزترو دامەزراوترن لە بارەی مادەی دروستکراوەوە یا ئاسمان ؟ وە یا ئێوە زەحمەتترو گرانترن لەسەر خالیق لە بارەی دروستکردنەوە یا ئاسمان؟ دیارە بە هەردوو بارەکەدا ئەڵێن : ئاسمان • جا خودایێ کە ئاسمانی وەهـا **دروستکردوە ناتوانێ ئێوە دروست بکاتەوە لە عالەمی تازەدا ؟ ئەگەر بـە** عەقڵێکی ساف تەماشا بکەن ئەزانن کە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا بە بێ جیاوازی لە نێوان گەورەو بچووکدا •

جا خودا باسی دروستکردنی ئاسمانو ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا ئەکاو ئەڵێ : ئەو ئاسمانەی دروستکردوەو رێکیخستـــوەو ، بەرزییـــەکەی زیادکردوە بە جۆرێ شیاو بێ بۆ دروستکردنی ئەوەی وا لە خواریەوە لـــە مەوادی عونصوری • وە کاتی شەوەکانی تاریك کردوەو پرتەوی رۆژی لە

ڕۆژدا دەرخستوەو بڵاوی کردوەتەوە بە جیهانا • وە لە پاش ئەم کارە جوانە کە دروستکردنی تاریکی شەوانو ڕووناکی ڕۆژانـــە زەویشی ڕاخستوەو گوشادی کردوەتەوەو بەش‌بەشی کردوە بە سارای بێ‌ئاوو ئاوداراو بـــە دەشتو دەرو هەردەو کۆسارا ، وە ئاوی لە کەمەرەی کێوەکانو لە قوولایی شیوانو لە سارای سازگاری جوان دەرکـــردوەو ، پاکـــژو لەوەڕگـــای گیاندارەکانی بە مەوادی شـــیاو بۆ ژیوار ئامـــادەکردوە ؛ وە کێوەکـــانی دامەزراندوەو ••• ئەمانەی هەموو دروست‌کردوە لەبەر ژیاندنی ئێوە بـــە خۆشی ؛ ئەگەر ئێوەیش بە قەی حاڵ تێکۆشن • جا ئایا ڕەوای حەقە لەگەڵ ئەم هەموو نیعمەتەدا لە باتی پەرستیاریو سوپاسی نیعمەتی خودا دەس بە ئینکاری وجوودی خودا بکەن ؟ وە یا هاوبەشو هاوڕێی بۆ دابنێن ؟ دیارە ڕەوا نیە •

(فَإِذَا جاءَتِ الطَّامَّةُ الكُبْرى (٣٤) يَوْمَ يَتَذَكَّرُ الإنْسانُ ما سَعى (٣٥) وبُرِّزَتِ الجَحِيمُ لِمَنْ يَرى (٣٦) فَأَمَّا مَنْ طَغى(٣٧) وآثَرَ الْحَياةَ الدنْيا (٣٨) فَإِنَّ الجَحِيمَ هِيَ المَأْوى (٣٩) وأَمَّا مَنْ خافَ مَقامَ رَبِّهِ ونَهى النَّفْسَ عَنِ الهَوى (٤٠) فَإِنَّ الجَنَّةَ هِيَ المَأْوى) (٤١)

جا کاتێ کە بەڵای گەورە هات ، ئەو بەڵایە کە جیهـــان داگیر ئەکا ، وەکوو نەفخەی دووهەم بێ ، یا وەکوو هاتنی قیامەت بێ بە زیندووکردنەوەی گیانلەبەرانو لێخوڕینیان بۆ کۆمەڵگای لێپرسینەوە ، کـــە ئەمەیش لـــە ڕۆژێکدایە هەر ئادەمیزادێ بیری ئەوانە ئەکاتـــەوە کـــە کاتی خۆی بۆی تێکۆشاوە •

وە لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەرئەخرێ‌و نیشان ئەدرێ بۆ کەسێ چـاوی دیتنی ببێ • لەو ڕۆژەدا موکەللەفەکان دوو بەشن : ئەو کەسـانە کە بایی بوون‌و لە فەرمانی خودا دەرچوون‌و ،ژینی دنیایان هەڵبژاردوە بەسـەر پاشەڕۆژداو ، خۆشی‌و ئارەزووی نەفسی خۆیان خستوەتە پێش چاودێری حەق‌و بەندەیی خوداوە •• ئەوە بێگومان دۆزەخ جێگەیانە •

بەڵام هەرکەسێ ترسی ببێ لە ڕاوەستانی خۆی لە حوزووری خودادا، یاخود ترسی هەبێ لە پایەی بەرزی بارەگای حەق‌و بە هۆی ئـەو ترس‌و بیمەوە خۆی لە هەواپەرستی بگرێتەوەو ، **ڕێگەی فەرمانبەرداری خودا** بگرێتەبەر •• بێگومان ئەوە بەهەشت شوێن‌و ئارامگای ئەو کەسـەیەو ، تیایدا ئەمێنێتەوە هەتاهەتایە •

(يَسْأَلونَكَ عَنِ السَّاعَةِ : أَيَّانَ مُرْساهَا ؟ (٤٢) فِيمَ أَنْتَ مِنْ ذِكْراهَا ؟! (٤٣) إِلى رَبِّكَ مُنْتَهَاها (٤٤) إِنَّما أَنْتَ مُنْذِرُ مَنْ يَخْشَاهَا (٤٥)كَأَنَّهُمْ ، يَوْمَ يَرَوْنَهَـا ، لَمْ يَلْبَثُوا إِلاَّ عَشِيَّةً أَوْ ضُحاهَا) (٤٦)

پرسیارت‌لێ ئەکەن لە کاتی تەواوبوونی ئەم جیهانە جوانەو ، کـاتی داهاتنی جیهانی تازە کە بە ڕۆژی قیامەت ناسراوە •• ئەپرسن : کەی دادێ‌و؟ چلۆن دێتەجێ ؟

من پێت ئەڵێم : تۆ وای لە چ میزانێکدا لە باسکردنی ئەو ڕۆژەدا ؟ یانی لە خۆتەوە ئەیزانی ؟ یا ئیذنت دراوە باسی بکەی ؟! واتە تۆ عەلاقەت نیە بە وەڵامی ئەم پرسیارە نابارانەوە • وە یاخود : لە بەرچی ئەم پرسـیارە ئەکەن ؟ نەفسی تۆو ڕەوانەکردنی تۆ لە لایەنی خوداوە بۆ موژدە بە خێر بۆ

فەرمانبەرانو ، ترساندنی تاوانباران لە جوملەی بەڵگەو نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی قیامەتە • وە لە واقیعدا ، هەرچەن تۆ لە نیشانەکانی ئەو کارەسانەی، بەڵام زانستی کاتی دیاریکراویو تەواوبوونی ئەو (ثانیە)یە کە ئەنکی بە هاتنی ئەوەوە لە لای خودای تەعالایەو کەس نایزانێ ئەو نەبێ • تـۆ هەر ئادەمیزادێکی ترسێنەری لە لایەنی خوداوەو بەرپرسـیاری ئەوەی کـە ئادەمیزادان لە سزاو تۆڵەی خودا بترسێنی بۆ کەسێ باوەڕی پێی هەیەو لە هەوڵو دادی ئەو ڕۆژە ئەترسێ • وە کاتێ ئەو ڕۆژە دێ ئەو کارەسـاتـە ڕوو ئەدات •• ئەوانەی وان لە ڕۆژی ئەو ڕووداوەدا وا ئەزانن لە دنیادا نەبوونو نەماونەتەوە ئێوارەیەك یان چاشتە ڕۆژێ نەبێ •

وەهـا ترسو بیم دڵیان دائـەگـرێ
ئەو کاتەی گیاندار یەك‌بەیەك ئەمرێ
کـە قەت نەژیاون لـە ڕووی جیهانا
هیچیان نەدیـوە لـە ڕووی زەمانـا
مەگـەر سـەعاتێ کاتـی ئێـواران
یا چاشـتەنگاوێ لـە ڕۆزگـاران

سوورەتی (عبس) مەکەییەو ، چلو دوو ئایەتە ، دوای سوورەتی (نجم) هاتوەتەخوارەوە ٠

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(عَبَسَ وتوَلّى (١) اَنْ جاءَهُ الأَعْمى ! (٢) وما يُدْرِيكَ ؟
لَعَلَّهُ يَزَّكّى ! (٣) اَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرى (٤) اَمَّا مَنِ
اسْتَغْنى (٥) فَاَنْتَ لَهُ تَصَدّى (٦) وما عَلَيْكَ اَلاَّ يَزَّكّى (٧)
واَمَّا مَنْ جاءَكَ يَسْعى (٨) وهوَ يَخْشى (٩) فَاَنْتَ عَنْهُ
تَلَهّى !) (١٠)

دەگێڕنەوە : ڕۆژێ پێغەمەر ــ د ــ قسەی لەگەڵ شەخصێکا لە پیاوە بەرزە گەورەکانی قورەیش ئەکرد ٠ وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا : لە گەڵ کۆمەڵێ لەواندا کە برێتی بوون لە : عەباسو ، ئەبوجەهلو ، ئوبەیی کوڕی خەلەفو ، وەلیدی کوڕی موغیرە ٠ ئەیویست هانیان بدا بۆ هاتنەسەر ڕێگەی وەرگرتنی ئایینی ئیسلام ٠ لەو کاتەدا عەبدوڵلای کوڕی شورەیحی کوڕی مالیك ، کە بە (ابن ام مکتوم) ناوبانگی دەرکردوە ، هات بۆ خزمەتی حەزرەت ــ د ــ و عەرزیکرد : ئەی پێغەمەری خودا فێرم بکەلەوەی خودا فێری کردووی ٠ چەن جارێ ئەمەی دووپات کردەوە ٠ حەزرەت هەر وەڵامی نەدایەوە چونکە هەر بەوانەوە خەریكبوو زیاتر بایەخی بەوان داو ، گوێی بە قسەکەی عەبدوڵلا نەدا ٠ جا حەزرەت ڕۆیشتەوە بۆ ماڵێ لەو کاتەدا (عبس) هاتەخوارەوە ٠ بە شێوەی سەرزەنشتی حەزرەت

هەتا عەبدوڵلا دڵی بێتەوە جیٚو لە هەموو کەسێ دەرکەوێ کە ئایینی ئیسلام ڕاگرتنی دڵی یەك زەلامی بە ڕەوشتی پاکی لە لا چاکترە لە هەموو شتێکی تــر •

واتە : محەمەد رووی گرژ کردو لای هەڵسووڕاند بەولادا ، لەبــەر ئەوە کە ئەو ئادەمیزادە کوێرە هات بۆ لایی‌و پرسیارێکی لێ‌کرد • ئــەی محەمەد تۆ چووزانی ئەو زەلامە چۆنە ؟ لەوانەیە لە چڵك‌و چەپەڵی نەفس پاك ببێتەوە بە هۆی ئەو وەڵامەوە کە لە تۆی وەرئەگرێ • یاخود لە دەرزی ڕێنومایی تۆوە ببێ بە خاوەن زانیاریی نەفسی‌و ئــەو زانیــارییە قازانجی پی‌بگەیەنێ • بەڵام کەسێ کە خۆی بە بێ نیاز بزانێ‌و گوێی لە ئایین‌و ئامۆژگاری نەبێ ئەوە تو خۆتی لەگەڵ خەریك ئەکەیت‌و ئامۆژگاریی ئەکەیت لەگەڵ ئەوەیشدا کە سوود لە ئامۆژگارییەکەت وەرناگرێ • زیاد لەوەیش تۆ هیچت نایەتە سەر ئەگەر ئەو ئیمان نەیەنێ ! بەڵام ئەو کەسە کە دێت بۆ لات‌و بە تاوو جۆشی دڵەوە لە خودای خۆی ئەترسێ‌و ئەیەوێ شتت لێ فێر ببێ تــۆ گوێی پێ نادەیی‌و موبالاتی پێ ناکەی ! دەخیلە جارێ تر کاری وا مەکەو لەسەر باری چاودێری ئەو دڵسۆزانە رەفتار بکە •

بزانن ! ئەم شێوە گلەییە کە لە حەزرەت کراوە لەوەوەیە کە حەزرەت شتێکی واز لێ‌هێناوە کە ســوود لە کردنەکەیدا بوە وەکوو چاودێری‌و گوێدان بە عەبدوڵلا بێ ، ئەنا بە میزانی ئوصووڵ هەرکارێ کە مەصلەحەتی گشتی تێدا بێ وەکوو راکێشان‌و هێنانی ئەو کافرە گەورانە ئــــەوە زۆر گرنگترە لــە چاودێری تاقە کەسێ ؛ چونکی ئەگەر موســوڵمان بیوونایێ خەڵکێکی زۆریان لەگەڵدا موسوڵمان ئەبوو •

(كَلاَّ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ (١١) فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ (١٢) فِي صُحُفٍ

مُكَرَّمَةٍ (١٣) مَرْفُوعَةٍ مُطَهَّرَةٍ (١٤) بِأَيْدِي سَــفَرَةٍ (١٥)
كِرَامٍ بَرَرَةٍ) (١٦)

دەخیله جارێ تر كاری وا لەگەڵ موسوڵماناتا مەكە ، ئەم ســوورەتە قورئانە كە دێت بۆ لای تۆ ئەسبابی ئەوەیە كە ئادەمیزادی هۆشیار فێری حەق ببێ پێیو لای خودا زۆر بەڕێزەو پاككراوەتەوەو دوورخراوەتەوە لە دەستبۆبردنی شەیتانەكان ، وە وا بە دەستی چەن فریشتەیەكی خاوەن ڕێزو خێرۆمەندو فەرمانبەر بۆ خوداوە •

بزانن ! دەگێڕنەوە ئەو سوورەتانە كە ئێستە وان لە قورئانی پیرۆزا هەركام لەوان لە لاپەڕەیەكی تایبەتیدا فریشتە نووسیویەتیەوەو لە ئاسمانی حەوتەمدا دانراونو • جوبرەئیل لەسەر فەرمــانی خودا لە ئاســـمانەوە وەری گرتوونو هێناونی بۆ پێغەمەر •

(قُتِلَ الإِنْسَانُ ، ما أَكْفَــرَهُ ! (١٧) مِنْ أَيِّ شَــيْءٍ خَلَقَهُ ؟ (١٨) مِنْ نُطْفَةٍ خَلَقَــهُ فَقَــدَّرَهُ (١٩) ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ (٢٠) ثُمَّ أَماتَهُ فَأَقْبَرَهُ (٢١) ثُمَّ إِذا شَاءَ أَنْشَرَهُ)(٢٢)

جا بۆ ئیشارە بۆ لای ئەو كافرانە كە بــە ڕێنومایییەكەی حــەزرەت روویان نەكردە حەق خودای تەعــالا ئەفەرموێت : بــا بكوژرێ ئینسان [گیانی دەرچێ !] ئەوە چی وەها كافری كردوە بــەو كوفرە رەشــە بێ رووناكییە ؟ بۆ بیرناكاتەوە كە خودا لە چی دروستی كردوە ؟ لە نوتفەیێ دروستی كردوەو هەموو بەشەكانی لەشی لە : ئێسقانو ، رەگو ، پێستو ، گوشت ••• لەو تۆزە تۆوە (نوتفە) دیاری كردوە • هەروەها لەو تۆزە تۆوەدا بەشەكانی تری لەشی لە نادیاریو هۆشو بیرو شێوەو روخسارو

خوو رەوشتی رەسەنی‌و ناڕەسەنی کە لە باوك‌و دایکەوە بۆی هاتوەو ، خەت‌و خاڵ‌و دیمەن‌و شێوەیێ کەدەیبەنەوە سەر باوك‌و دایکی ••• داناوە کە چاودێری ئەم جۆرە شتانە لە توانایی خودادا نەبێ لە توانای کەسدا نیە • وە لە پاش ئەوە کە دروستکردنەکەی تەواو بوو کاتی دەرچوونی هـات رێگەی دەرچوونی بۆ ئاسان کردوە • وە یاخود لـــە پاش دەرچوون‌و گەورەبوونی رێگەی کەسبی چاکەو خراپەی بۆ دروست‌کردوە بە هۆی هەست‌و هۆش‌و بیرو مامۆستای دەرزو فێرکردنەوە ••• بە کورتی : بـە هەموو جۆرێ یارمەتی داوە بۆ ماوەی ژیانی دنیا ، وە لە پاش ئەو ماوە کە بۆی بڕیار داوە ئەیمرێنێ‌و ئەخرێتە ناو گۆڕەوە هەتا بێن نەکاو ئازاری کەس نەدا ، یا دڕندە نەیخوا ، یا لە ژێرپێی ئاژەڵدا نەڕوا • جا پاش ئەوە هەر کاتێ خواستی زیندووکردنەوەی کرد بۆ لێپرسینەوەی رۆژی قیامەت ، لە زەویدا یا لە هەر شوێنێکدا مادەی هەبێ بەرزی ئەکاتەوەو گیانی ئەکاتەوە بەبەرداو ئەیبا بۆ شوێنی لێپرسینەوەو کێشانەی کارو بارو کردەوەی •

(كَلاَّ لَمَّا يَقْضِ ما اَمَرَهُ (٢٣) فَلْيَنْظُرِ الإنْسَانُ اِلى طَعَامِهِ : (٢٤) اَنَّا صبَبْنَا الماءَ صَبّاً (٢٥) ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقّاً (٢٦) فَاَنْبَتْنا فِيها حَبّاً (٢٧) وعِنَباً وقَضْباً (٢٨) وزَيْتُوناً ونَخْلاً (٢٩) وحَدَائِقَ غُلْباً (٣٠) وفاكِهَةً واَبّاً (٣١) مَتَاعاً لَكُمْ ولاَنْعامِكُمْ) (٣٢)

واز لەوە بێنە کـە ئادەمیزاد بـە تەواوی حەقی خزمـەت بەجێبێنێ ، لەو کاتەوە کەوتوەتە سەر زەوی تا ئیستە ئەو فەرمانە کە خودا داویە بەسەر ئادەمیزاددا هێشتا بە تەواوی بەجێی نەهێناوەو ، ئادەمیزاد نیە بەرابەر بـە

خودا کە ناتەواویەکی نەبێ ، ئایا توانیویەتی سوپاسی نیعمەتەکانی بکا بە تەواوی ؟ جا با ئادەمیزاد بڕوانێ بۆ ئەو خواردەمەنییە کە ئەیخوات ، چۆن دروست کراوە ؟ چۆن پێگەیشتوەو بە هۆی چییەوە پێگەیشتوە ؟ بە هۆی ئەوەوە پەیدا بوە کە ئێمە ئاوی بارانمان لە ئاسمانەوە رژاندوەتە خوارەوە، زەویمان بەو بارانە تەڕکردوەو ، ئەو تۆمی دانەو گوڵو گیایە کە لە ناویدایە رواندوومانە ، جا زەویمان شەق کردوە هەتا چووزەی ئەو تۆوە رواوە لە ژێر زەوییەوە سەرکەوێو سەر دەربێنێ •

وە یاخود بە کەرەسەی جووتیاری زەویمان لەت کردوە ، جا دانەو ریشەی ترێو گیای خۆراکی ئاژەڵو ئادەمیزادمان وەك داری زەیتوونو خورما تێدا رواندوە ، هەروەها چەن باخچەیەکی وامان سەوز کردوە کە دارە زۆرەکانی بەیەکدا چوون وەکوو مووی لوول . وە چەن داری میوەو چەن گیای وەهامان تێدا رواندوە بۆ خۆراکی خۆتانو بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانتان بەکەڵك بێن •

(فَـإِذا جـاءَتِ الصَّاخَّـةُ (٣٣) يَوْمَ يَفِـرُّ المَـرْءُ مِنْ أَخِيهِ (٣٤) وأُمِّهِ وأَبِيهِ (٣٥)وصاحِبَتِهِ وبَنِيهِ (٣٦)لِكُلِّ امْرِئٍ مِنهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ (٣٧)وجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُسْفِرَةٌ(٣٨) ضاحِكَةٌ مُسْتَبْشِرَةٌ (٣٩) ووجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْها غَبَرَةٌ (٤٠) تَرْهَقُها قَتَرَةٌ (٤١) اولائِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الفَجَرَةُ) (٤٢)

جا کاتێ ئەو کارەساتە سامناکە وەکوو فووپێداکردن بێ بۆ قیامەت کە بە هێزی دەنگو تیژییەکەی گوێ کەڕ دەکات •• هات ، لەو رۆژەدا کە پیاو لە دەست براو باوكو دایكو ژنو کوڕی خۆی هەڵدێ • واتە ئەوەندە

پەرێشانو سەرقاڵە لەبەر خۆی سەر کەسێ ناپەرژێ • لەو رۆژەدا هەموو کەسێ سەرقاڵیو تەنگەتاوییەکی وای هەیە هەموو شتێکی لەبیر ئەباتەوەو ئاگای لەکەس نامێنێ • لەو رۆژەدا چەن روخسارێ هەن زەردبام وەکوو ئاڵتوونو ، رووناك وەك ئاوێنەو ، کەیفخۆشو دەمبەپێکەنینو موژدەوەرگر لە فریشتەی رەحمەتەوە •

وە چەن روخسارێکیش تۆزیان بەسـەرا باریوەو ، رەشی تاوانباری دایگرتوون ، خاوەنی ئەو روخسارانە لەگەڵ ئەوەدا کە کافرنو باوەڕیان بە خوداو پێغەمەر نیە (فاجر)یشن ، بەدرەوشتو بێئەدەبو درۆزنن •

خودا بـە بەهای رەهبەری پرنـوور
بمانپارێزێ لە (کوفر)و (فوجور)

دەگێڕنەوە لە حەزرەتی عائیشەوە ـ خ ـ کـە حـەزرەت ـ د ـ فەرموویەتی : ئەو کەسانە کە قورئان ئەحوێننو قورئانەکەیان لەبەرە وەکوو کەسێکن لەگەڵ فریشتەی نووسەری قورئانا بێ لەو کاتەدا کـە لە لەوح وەریئەگرن • وە ئەو کەســـە کە قورئان ئەخوێنێو دەوری ئەکاتەوەو لەسەرشانی گرانە دوو پاداشی هەیە •

لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە ـ خ ـ کە حەزرەت ـ د فەرموویەتی : لەرۆژی قیامەتدا خـەڵق کۆ ئەکرێنەوە بۆ لێپرســـــینەوە بە رووتیو پێخاوسیو خەتەنە نەکراوی ! لەو کاتەدا ژنێ عەرزی کرد : جا لەوێدا خەڵکی بۆ یەکتر دەڕوانن • حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : (لکل امریء منهم یومئذ شان یغنیه) واتە هەرکام لەوانە تەنگوچەڵەمەیەکی وای هەیە ئاگای لەوە نیە بۆ خەڵـکی تر بڕوانێ !

سووره‌تی (ته‌كویر) له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، بیست‌و نۆ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (مسد) هاتوه‌ته‌خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِذا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ (١) وِاذا النُّجُومُ انْكَدَرَتْ (٢) وِاذا الجِبالُ سُيِّرَتْ (٣) وِاذا العِشَارُ عُطِّلَتْ (٤) وِاذا الوُحُوشُ حُشِرَتْ (٥) وِاذا البِحَارُ سُجِّرَتْ (٦) وِاذا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ (٧) وِاذا المَوْؤُدَةُ سُئِلَتْ : (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ ؟ (٩) وِاذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ (١٠) واِذا السَّمَاءُ كُشِطَتْ (١١) واِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ (١٢) وِاذا الجَنَّةُ اُزْلِفَتْ (١٣) عَلِمَتْ نَفْسٌ مَا اَحْضَرَتْ) (١٤)

له ئیبن‌وعومه‌ره‌وه ده‌گێڕنه‌وه ــ خ ــ كه حه‌زره‌ت ــ د ــ فه‌رموویه‌تی: كه‌سێ حه‌ز ئه‌كا بڕوانێ بۆ رۆژی قیامه‌ت وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌به‌ر چاویا بێ بــا سووره‌تی (اذا الشمس كورت) بخوێنێته‌وه •

واته : له كاتێكدا رۆژ پێچرایه‌وه‌و تێكدرا ، واته پڕته‌وی نه‌ما ، وه له كاتێكدا كه ئه‌ستێره‌كان داكه‌وتن‌و داوه‌رین‌و وردبوون‌و له جیهانا نه‌مان‌و رووناكییان نه‌ما ، وه له كاتێكدا كێوه‌كان خرانه جووڵه له سه‌ر ته‌ختی زه‌وی، وه یا له هه‌وادا ، وه له كاتێكدا ئه‌و وشتره سك‌پڕانه كه سكیان ده مانگه‌و نزیكی زایینن فه‌رامۆش كران‌و خاوه‌نه‌كانیان لێیان نه‌پرسین • وه له كاتێكدا حه‌یوانه كێوییه‌كان گردكرانه‌وه له هه‌موو لایه‌كه‌وه‌و ، له كاتێكدا ده‌ریاكان

گەرم کرانو وایان لێهات وەك بکوڵێنو ؛ لە کاتێکدا گیانو لەشەکان گردکرانەوە ؛ وە یا ئەو نەفسانەی لەیەکەوە نزیکنو پێکەوە دەگونجێن (دز لەگەڵ دزاو پیاوچاك لەگەڵ پیاوچاکدا) کەوتنەیەكو ، لە کاتێکدا کچە زیندەبەچاڵکراوەکان زیندووکرانەوەو لێیان پرسرا : کە بە چ تاوانێ کوژراونو زیندەبەچاڵ کراون ؟

کاتی خۆی عەرەب کچیان زیندەبەچاڵ ئەکرد لە ترسی ئابڕووچوون کە لە شەڕو هەرادا بگیرێنو ببرێن ؛ یا لە بەر نەبوونیو برسێتی • ئایینیئیسلام ئەو خووە نابارەی هەڵگرت •

وە لەو کاتەدا کە نامەی کارو کردەوەی ئاشکرا کراو درایە دەستیو هۆشیار کرایەوە بۆ لێپرسینەوەو کێشانەی کردەوە • وە لەو کاتەدا کە ئاسمان لە خێمەگای دوورخرایەوە وەکوو چۆن حەیوانێ کەوڵ ئەکرێو پێستەکەی لائەبرێ • وە لەو کاتەدا کە دۆزەخ ئەخرێتە جۆشی گەرمییەوە، وە لەو کاتەدا کە بەهەشت لە موسوڵمانان نزیك ئەخرێتەوە ، لەو کاتانەدا هەموو نەفسێ رووبەڕووی کارو کردەوەی خۆی ئەبێتەوەو ئەزانێ چی لە دنیادا بۆ خۆی ئامادە کردوەو پێش خۆی ناردوویە •

(فَلا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ (١٥) الجوَارِ الْكُنَّسِ ! (١٦)
واللَّيْلِ إذا عَسْعَسَ ! (١٧) والصُّبْحِ إذَا تَنَفَّسَ (١٨) إنَّهُ
لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (١٩) ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي العَرْشِ
مَكِينٍ (٢٠) مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ (٢١) ومَا صَاحِبُكُمْ بِمَجْنُونٍ (٢٢)
ولَقَدْ رآهُ بِالأُفُقِ المُبِينِ (٢٣) وما هُوَ على الغَيْبِ بِضَنِينٍ (٢٤)
وما هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَجِيمٍ (٢٥) فَأَيْنَ تذْهَبُونَ ؟ (٢٦)

اِنْ هُوَ اِلاّ ذِكْرٌ لِلْعالَمِينَ (٢٧) لِمَنْ شَــاءَ مِنْكُمْ اَنْ يَسْتَقِيمَ (٢٨) وماتَشاؤنَ اِلاّ اِنْ يَشاءَ اللهُ رَبُّ العَالَمِينَ (٢٩)

واته سوێند بەو ئەستێرانە کە جاربەجار دێنە بەرچاوو ئەگەڕێنەوە لە خەتی ڕۆیشتنی خۆیانا بەرەوپاش‌و ، جاربەجاریش بە خەتی خۆیانا ئەڕۆن‌و جاربەجاریش لەبەرچاوا ون‌ئەبن ! وە سوێند بە کاتی شەو کە دێ ، یا کاتێ ئەڕواو تەواو ئەبێ ! وە سوێند بە بەیانی کاتێ کە ڕووناك ئەبێتەوە ! واتــە سوێند بەو خودایە کە ئەوەندە تەوانایە ئەم وەزعە غەریبانەتان پیشان ئەدا ! ئەو قورئانە وتراوی سەر زمانی فریشتەیەکی فورستادەی بەڕێزە لای خوداو خاوەن هێزو دەستەڵاتە لە لای خودای عەرش • وە بە فەرمانی خودا لــە ئاسمانا لە ناو فریشتەکانا ئیطاعەی ئەکرێ . وە سوێند بەو خودایە ئــەم هاوڕێی ئێوەو ئەم خاوەن دەعوەت‌و پەیامی ئێوە کە محەمەدە ــ د ــ شێت نییەو بە چاوی سەر لە کەناری ئاسماندا جوبرەئیلی بە ڕوونی چاو پێکەوت• وە ئەو محەمەدە لە گەیاندنی پەیام‌و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتدا ڕژد نیــەو درێغی لە کاری خۆیدا ناکات‌و چی پێ سپێرراوە بەتەواوی جێ‌بەجێی دەکا• وە ئەم قورئانە وتاری شەیتانی دوور لە ڕەحمەت نیە • بۆ کوێ ئەڕۆن‌و ئەم قسە پەرێشانانە چۆن ئەدۆزنەوە ؟ ئەم قورئانە هــەر ذیکرو یادی خودای هەموو جیهانە بۆ هەر کەسێ لە ئێوە کە بیەوێ ڕاســت بێ‌و لەســەر حەق خۆگر بێ • ئێوە مەیلی ئەو ئیستیقامەتە ناکەن هەتا خودای جیهان مەیلی نەکا •

بزانن ! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم : ئەمە تەفسیری ئایەتی (فلا اقسم بالخنس الجوار الكنس ••)بوو لەسەر ئەو مانا کە لە ناو زانا فەلەکییە کۆنەکاندا باوە • وە ئــەو تەفسیرە

لەسەر ئیعتیباری پێنج ئەستێرە لە حەوت گەڕۆك (سـبعەی سیارە)لـ دامەزراوە ، ئەو پێنجەیش بریتین لە (عطـارد)و (زهـرە)و (مریخ)و (مشتری)و (زحل) ؛ کە ئەو حەرەکەی بەرەوپاش و حەرەکـەی توندی بەهێزیان لەبەر چاوا ئەبینرێ و جاربەجاریش لەبەرچاوا ون ئەبن ۰ ئەم باسە لە جێگەی خۆیدا روون کراوەتەوە ۰

ئەگەرنا هـەندێ تـر ئـەم ئایەتەیان بەسـەر هەموو ئەسـتێرەکاندا تەطبیق کردوە ؛ وە وایان فەرموە : ئەم ئەستێرانە هـەموویان لە چەرخی خۆیاندا جوولان و گەڕانیان هەیەو ۰ جاربەجار لە بەرچاو ون ئەبن و پـاش ماوەیێ ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنە کە خودا بۆ هەڵهاتنیانی داناوە ۰وە لەو شوێنەوە هەڵدێنەوە ۰۰۰ هەروا بەم شێوە هەتا خودا خواستی بێ لەسـەر ئەم بارو دۆخە دەوام ئەکەن ۰

دووەم : مەبەس لە ئایەتی (انه لقول رسول کریم) ئەمەیە کە وتاری سەر زمانی جوبرەئیلە ۰ واتە لە لای خوداوە فەرمانی پێدراوە کە ئـەو ئایەتانە لە (لوح المحفوظ) وەرگیراون و لە ئاسمانا نوسخەیان دانراوە بـە هەمان لەفظ بەسەر حەزرەتیاندا بخوێنێتەوە ۰ ئیتر هیچ مەبەست ئەوە نیە کە ئەو ئایەتانە قسەی جوبرەئیلن ؛ چونکی قورئانی پیرۆز وتاری خودایەو ، ئەمە بە بەڵگەی عەقلی و نەقلی دامەزراوە ۰ خودا لە سوورەتی شوعەرادا فەرموویەتی : (نزل به الروح الامین علی قلبك) ۰ وە لە سوورەتی (بروج)دا فەرموویەتی : (بل هو قرآن مجید فی لوح محفوظ) ۰ وە لە سـوورەتی (واقعه)دا فەرموویەتی : (انه لقرآن کریم فی کتاب مکنون ؛ لا یسه الا المطهرون تنزیل من رب العالمین) ۰

سوورەتی (انفطــار) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، نۆزدە ئایەتە ، دوای (نازعات) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِذَا السَّماءُ انْفَطَرَتْ (١) وِاذَا الْكَواكِبُ انْتَثَرَتْ (٢) وِاذا البِحَارُ فُجِّرَتْ (٣) وِاذا القُبُورُ بُعْثِرَتْ (٤) عَلِمَتْ نَفْسٌ ما قَدَّمَتْ واَخَّرَتْ) (٥)

واتە : کاتێ ئاسمانەکان پارچەپارچە بوونو ، ئەستێرەکان داوەرینە خواردوە ، وە کاتێ دەریاکان بە هۆی بومەلەرزەی زەوییەوە هەموو بوون بە یەك دەریا ، واتە پەردە لە نێوانیاندا نەما ، وە لە کاتێکدا گۆڕەکان هەڵگەڕانەوە،واتە بە هۆی بومەلەرزەی هاتنی قیامەتەوە ناوەکانیان دەرکەوت ... لەو کاتەدا هەموو نەفسێ ئەزانێ بەو کارو کردەوە باشانە کردوونیو بەوانەیش نەیکردوون . یا بەو کارانە لە کاتی خۆیاندا کردوونیو بەوانە دوایخستوون .

(یا اَیُّها الإنسانُ ! ما غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ ؟ (٦) الَّذِي خَلَقَكَ فَسوَّاكَ فَعَدَلَكَ (٧) فِي اَيِّ صُورَةٍ ما شَاءَ رَكَّبَكَ) (٨)

ئەی ئادەمیزاد ! چی تۆی بایی کردوە بەرابەر بە تەوانایی خودای خاوەن بەهرەو بەخشندەی خۆت ؟ ئەو خودایە کە لە نەبوون دروستی

کردووی‌و ، هه‌موو ئه‌ندامه‌کانی بۆ رێکخستوویت‌و ، پارچه‌کانی له‌شتی به‌ شیاوی‌و گونجاوی بۆ دروستکردووی‌و ، له هه‌ر شێوه‌یه‌کدا حیکمه‌تی گرتی ته‌رکیبی کردی •

به سـپی‌و سـووری ره‌نگـی مه‌رجانـی
یا به شـێوه‌ی جـوان لـه ئه‌سـمه‌رانی
بـه چـاوی بـازی دووربینـی کـه‌ژاڵ
بـه قامـه‌تی سـه‌رو به وێنه‌ی شمشاڵ
ده‌ماخ بـه په‌رداخ بـۆ هێزی حه‌واس
لـه بـۆ ته‌میزی ئه‌نواعـی ئیحسـاس
سـینه ده‌فینـه‌ی هـێزی لـه‌طائیف
ئامـاده‌ی فـه‌وزی نـووری مـه‌عـاریف
دڵ بـه ئیسـتیعداد بـۆ فام‌و شـوعوور
بـۆ ده‌رکـی ئه‌شـیا لـه نزیـك‌و دوور
بـه شکڵ‌و شـێوه‌ی هه‌یۆلاو صـووره‌ت
بووی بـه سه‌رمه‌شـقی ئه‌هلی به‌صیره‌ت
ئـه‌م نیعمه‌تانـه خـودا پێیـداوی
لـه دنیـا ده‌رچـوو شۆره‌ت‌و نـاوی

× × ×

تو خوا پێم بڵێ ئه‌ی جوانی بێ عه‌یب !
خۆت ته‌شریفت برد بـۆ عاله‌می غه‌یب ؟
عه‌رضـه‌ی حاڵی خۆت دا بـه باره‌گـا
له‌سـه‌ر ئه‌م‌شـێوه تـه‌رکیبت بکـا ؟
یا ئـه‌و بـه که‌ره‌م تۆی ئیختیـار کـرد
صـووره‌ت‌نومایـی بـه تۆ ئیظهـار کرد ؟
دیاره هۆشـیاری بـه شێوه‌ی ئینصاف
بـه فه‌ضـلی خـودا ئه‌کـه‌ی ئیعتیراف

جا مادام وایە بۆ حەق ناناسی ؟
لە سەر نیعمەتی بۆ بێ سوپاسی ؟

× × ×

چاو بۆ موتالآی ئاثاری قودسە
نەك بۆ تەماشای ئارەزووی نەفسە
زمان بۆ زیکرو دەرسی بەسوودە
نەك لە بۆ باسی غەیرەمەقسوودە
گوێ بۆ بیستنی دەرزی عولوومە
نەك بۆ بیستنی ئاوازی بوومە
دەس بۆ نووسینی نامەی نەصرەتە
نەك بۆ دەس‌خامەی نامەی حەسرەتە
دەی تاکەی پەڕەی عومرت ئەکەی طەی
چاو هەڵنابڕی روو لە خودا کەی ؟
گیانی عەزیزم تا ماوەت ماوە
کۆتایی بێنە لەم دانەو داوە !
وەرگەڕێرەوە بە تەوبەی نەصووح
بەڵکوو بۆ گیانت بێنەخوار فوتووح
چەن ساتێ ماوە لە کاتی حەیات
بیکە بە پایەی دەسمایەی نەجات
بپاڕێرەوە لە بارەگای غەیب
بۆ کووژانەوەی سیانامەی عەیب
ئەوەن بێ پەیە دەریای ئیحسانی
ئەتبەخشێ لە گشت بارەی نوقسانی
(نامی) ئەناڵێ لە دەرگای رەحمەت
بۆ عەفوی خۆی‌و ماباقی ئوممەت

× × ×

(كَلاَّ بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ (٩) وإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ (١٠)
كِراماً كاتِبِينَ (١١) يَعْلَمُونَ ما تَفْعَلُونَ (١٢) إِنَّ الأَبْرَارَ لَفِي
نَعِيمٍ (١٣) وإِنَّ الفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ (١٤) يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ
الدِّينِ (١٥) ومَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ (١٦) ومَا أَدْرَاكَ ما يَوْمُ
الدِّينِ ؟ (١٧) ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ ما يَوْمُ الدِّينِ ؟ (١٨) يَوْمَ لا تَمْلِكُ
نَفْسٌ لِنَفْسٍ شَيْئاً ؛ والأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِلّهِ) (١٩)

نه‌كا كه‌س بایی بێ وه‌كوو كافره‌كان كه‌ ئه‌م فه‌رمووده‌ی خودا لــه‌ شانیانا هاتووه‌و ئه‌ڵێت : به‌ راستی ئێوه‌ بێ باوه‌ڕن به‌ دین‌و ؛ به‌ راستی چه‌ن نیگابانی گه‌وره‌و به‌ڕێز له‌ لای خودا وان به‌ راسه‌رتانه‌وه‌و به‌ فه‌رمانی خودا بیرو باوه‌ڕو كرده‌وه‌كانتان ده‌نووسن‌و ؛ زاناو ئاگادارن به‌ هه‌موو شتێ كه‌ ئێوه‌ ئه‌یانكه‌ن • وه‌ پوخته‌ی نووسراوه‌كه‌یشیان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ : بێگومــــان پیاوه‌ موسوڵمانه‌ خێرومه‌نده‌كان له‌ رۆژی قیامه‌تدا وان له‌ ناو نازو نیعمه‌تدا• وه‌ كافره‌ به‌دڕه‌وشته‌ به‌دكاره‌كانیش وان له‌ دۆزه‌خداو لــه‌ رۆژی تۆڵه‌و لێپرسینه‌وه‌دا ئه‌چنه‌ ناو دۆزه‌خه‌وه‌ • وه‌ تۆ چووزانی رۆژی تۆڵه‌ چییــه‌ ؟ هه‌متریش تۆ چووزانی رۆژی تۆڵه‌ كام رۆژه‌یه‌ ؟ رۆژێكه‌ هیچ كه‌سێ خاوه‌ن هیچ شتێ نیه‌و ؛ هیچ كه‌س هیچی بۆ كه‌سی تر بۆ ناكرێ به‌ یاسای عه‌داله‌ت، هه‌رچه‌ند به‌ باره‌ی فه‌ضل چاره‌ی هه‌ندێ كار ئاسانه‌ • وه‌ له‌و رۆژه‌دا هه‌موو كارو بارێ‌و هه‌موو به‌خشین‌و قارێ هه‌ر بۆ خودایه‌و . هه‌ر وه‌هایه‌ هه‌تــا هه‌تایه‌ •

سوورەتی (مطففين) له سوورەتــه مەكەییەكانه ، سیوشەش ئایەته ، ئەمــه دوا سوورەتێكه كــه له مەكەدا هاتوەتەخوارەوه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إذا اكْتالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ (٢) وإذا كالُوهُمْ أوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ (٣) ألا يَظُنُّ أُولائِكَ أنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ ؟ (٤) لِيَوْمٍ عَظِيمٍ (٥) يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ العالَمِينَ) (٦)

وەیل : هاواره ، یا شــوێنێكی ناهەمواره له ناو دۆزەخدا بۆ ئــەو كەسانەیه كه (مطففين)ن واته ترازووبازی ئەكەن : كاتێ كه به مەنو پێوانه یا به كێشو ترازوو شتێكیان بۆ خۆیان له ماڵی خەڵك پێوانەكرد به تەواوی وەری دەگرن ، وه كاتێ شتێ به پێوانه یا به كێشانه بدەن به یەكێ گزیو دزی لێئەكەنو ، ماڵەكەیان به تەواوی نادەنێو ، زیانیان لێ ئەدەن . ئایا ئەم ئادەمیزادانه باوەڕیان بەوه نیــه كــه بێگومــان لــه رۆژی قیــامەتدا زیندووئەكرێنەوه ؟ ئەو رۆژه رۆژێكی گەلێ گەورەیەو كاری گەوره تیایا روو ئەدا.ئەو رۆژەیه كه ئادەمیزاد رائەوەستێنرێن بۆ لێپرسینەوەو كێشانەی كردەوەو بیرو باوەڕیان له لایەن خودای پەروەردگاری هەموو جیهانەوه.

له فەرموودەی حەزرەتدایه : پێنج گوناح هەن پێنج بەلایان لەگەڵدایه: هەر گەلێ پەیمان بشكێنن خودا دوژمەكانیان بەسەردا زاڵ ئەكا . وه هەر گەلێ حوكم به غەیری دوستووری خودا بكا فەقیری زاڵ ئەبێ بەسەریاناەوه

هه‌ر قه‌ومێ زیناکردن بڵاوببێته‌وه تیایانا مردن زۆر ئه‌بێ له ناویانا • وه هه‌ر قه‌ومێ له پێوانه‌و کێشانه‌دا غه‌ش بکه‌ن گیرۆده‌ی قاتی ئه‌بن • وه هه‌ر قه‌ومێ زه‌کات نه‌ده‌ن بارانیان لێ ئه‌گیرێته‌وه •

له ئیبن‌وعومه‌ره‌وه ده‌گێڕنه‌وه ـ خ ـ که حه‌زره‌ت ـ د ـ فه‌رموویه‌تی: رۆژێك ده‌بێ که خه‌ڵك بۆ خودای جیهان رائه‌وه‌ستن ـ که رۆژی پرسیاره‌ـ ئه‌وه‌نده ئه‌وه‌ستن هه‌تا یه‌کێکیان هه‌تا نیوه‌ی گوێچکه‌ی له عه‌ره‌قی خۆیدا ئه‌چه‌قێ •

(كَلاَّ إِنَّ كِتَابَ الفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ (٧) وما أَدْرَاكَ مَا سِجِّين؟ (٨) كِتَابٌ مَرْقُوم (٩) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ ! (١٠) الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ (١١) وَمَا يُكَذِّبُ بِهِ إِلاَّ كُلُّ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ (١٢) إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ : أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ ! (١٣) كَلاَّ بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَاكَانُوا يَكْسِبُونَ (١٤) كَلاَّ إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ (١٥) ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ (١٦) ثُمَّ يُقَالُ: هذا الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ) (١٧)

(کلا) بۆ زه‌جرو لۆمه‌و سه‌رزه‌نشته له کرده‌وه‌ی ته‌طفیف‌و بێ‌ئاگابوون له زیندووبوونه‌وه‌و پرسیارو کێشانه • به راستی نامه‌ی کرده‌وه‌ی ئه‌و که‌سانه که له رێگه‌ی راست لائه‌ده‌ن وا له ناو (سجین)دا ، وه تۆ چووزانی (سجین)چیه؟ سیجین کتێبێکی گه‌وره‌یه که نامه‌ی کرده‌وه‌ی ئه‌و ئاده‌میزاده به‌دکارانه له‌وێدا نووسراوه•جا هاوار له‌و رۆژی هێنانی ده‌فته‌ری کرده‌وه‌یه! هاوار بۆ ئه‌وانه که باوه‌ڕیان به خوداو ئایین‌و یاسای ئیسلام نه‌کردوه • ئه‌و

بێباوەڕانە کە باوەڕیان بە ڕۆژی لێپرسینەوەو تۆڵە نیەو بە درۆی ئەزانن • وە کەس ئەم ڕۆژە بە درۆ دانانێ یەکێ نەبێ کە بە تەواوی لای‌دابێ‌و لە ناو تاوان‌و بەدکاریدا نوقم بووبێ ؛ بە جۆرێ کاتێ کە ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا بخوێنرێتەوە ئەڵێ : ئەمانە لە ئەفسانەو چیرۆکە کۆنەکانە کە لە ناو پێشینانا باو بوون ! حاشا شتی وا نیە • بەڵام ئەوانە تاوان‌و بەدکارییەکانی خۆیان بوون بە پەردەو وان بەسەر دڵیانەوەو دڵیان داگرتوون‌و ئیتر هیچ وەرناگرێ‌و هیچی تێ ناچێ •

باسی پەردەکەیش مەکە • ئەو کەسانە لە ڕۆژی قیامەتدا لـە دیتنی خودای تەعالا بێبەش‌و مەحجووبن‌و ، لەو بەشە گەورەدا بارەیان نیە • وە پاش ئەوەیش ئـەوانە ئەخرێنـە ئاگری دۆزەخـەوە • دوای ئـەوەیش پێیان‌ئەوترێ : ئەمە ئەو ئاگرەیە کە ئێوە بە درۆتان دائەناو بە پێغەمەرەکاتتان ئەوت : شتی وا نیەو ئەم باسانەی ئێوە ئەفسانەی پێشینانەکانە •

لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ کە پێغەمەر ــ د ــ فەرموویەتی: کاتێ بەندەیێ لە بەندەکانی خودا گوناحێکی کرد نوختەیەکی ڕەش لەسەر دڵی پەیدا ئەبێ ، جا ئەگەر دەسبەردار بوو تەوبەی کردو داوای لێخۆشبوونی لە خودا کرد دڵی ڕووناك ئەبێتەوە • وە ئەگەر گەڕایەوە بۆ سەر گوناحەکەو تەوبەی نەکرد ئەوە ئەو نوختە ڕەشە زیاد ئەکا هەتا بەرزئەبێتەوە بەسـەر دڵیاو دڵی بە تەواوی دائەگرێ • ئەمە ئەو (ران) دیە کە خودا فەرمویەتی (کلا بل ران علی قلوبهم) •

(كَلاَّ إِنَّ كِتَابَ الأَبْرَارِ لَفِي عِلِّيِّينَ (١٨) وما أَدْرَاكَ ما عِلِّيُّونَ؟:(١٩) كِتَابٌ مَرْقُومٌ (٢٠) يَشْهَدُهُ المُقَرَّبُونَ(٢١) إِنَّ الأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ (٢٢) على الأَرائِكِ يَنْظُرُونَ (٢٣)

تَعْرِفُ فِي وجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ (٢٤) يُسْقَوْنَ مِنْ رَحِيقٍ مَخْتُومٍ (٢٥) خِتَامُهُ مِسْكٌ ، وفِي ذلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ المُتَنافِسُونَ (٢٦) ومِزَاجُهُ مِنْ تَسْنِيمٍ (٢٧) عَيْناً يَشْرَبُ بِها المُقَرَّبُونَ) (٢٨)

واز له كرده‌وه‌ی ناهه‌موار بێنن‌و كاری باش بكه‌ن ، به راستی كیتابچه‌ی خاوه‌ن كرده‌وه باشه‌كان وا له ناو(عليين)دا ، تۆ چووزانی (عليون) چییه ؟ كتێبێكی گه‌وره‌یه له لایه‌نی فریشته‌ی خوداوه نووسراوه فریشته نزیكه‌كانی باره‌گای خودا حازرو ئاگادارن له نووسینه‌وه‌یی‌و ئه‌وان نووسیویانه‌ته‌وه . واته وه‌كوو چۆن نامه‌ی كرده‌وه‌ی خراپه ئه‌نێررێ بۆ سجین كه كتێبه گه‌وره‌كه‌ی كرده‌وه خراپانه ، نامه‌ی كرده‌وه باشه‌كانیش بۆ ناو (عليين)ئه‌نێررێ .

وه له ناو (عليين)دا نووسراوه : بێگومان ئاده‌میزاده باشه‌كان وان له ناو نیعمه‌تی به‌هه‌شتا ، وه وان له‌سه‌ر كورسییه به‌رزه به‌رێزه‌كان ، ئه‌ڕوانن به ناو به‌هه‌شته‌كاناو له ده‌م‌و چاویانا جوانی‌و سیمای نیعمه‌تداری ئه‌ناسی . وه ئه‌وانه ئاودێری ئه‌كرێن له شه‌رابێ له ناو بلوورێكی مۆركراوا كه مۆره‌كه‌ی میسكی بێن‌خۆشه . وه بۆ په‌یداكردنی شه‌رابی وا با داوخوازان به‌رانبه‌ركێ بكه‌ن‌و خۆیان بۆ كاری وا پیرۆز ماندوو بكه‌ن . وه ئه‌و ئاوه‌یش كه تێكه‌ڵی ئه‌و شه‌رابه ئه‌كرێ له سه‌رچاوه‌ی (ته‌سنیم) هێنراوه كه سه‌رچاوه‌یه‌كی نزیكانی باره‌گای باری ئاوی لێ‌ئه‌خۆنه‌وه .

(إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ (٢٩) وإِذا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغامَزُونَ(٣٠) وإِذا انْقَلَبُوا

ِالی اَهْلِهِمُ انْقَلَبُوا فَكِهِينَ (٣١) وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا : إِنَّ
هؤُلاءِ لَضَالُّونَ (٣٢) وما أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حافِظِينَ (٣٣)
فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ (٣٤) عَلى
الأَرائِكِ يَنْظُرُونَ (٣٥) هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا
يَفْعَلُونَ ؟) (٣٦)

به راستی ئەو كەسانە كە خاوەن تاوانو كردەوە خراپن كاتی خۆی لە دنیادا بە خاوەن ئیمانەكان پێئەكەنینو گاڵتەیان پێئەكردنو ، كاتێ بە لایانا رائەبوردن بە چاو ئیشارەیان بۆ یەكتر ئەكرد بە مەبەستی سووكیو گاڵتەكردن بە موسوڵمانەكان ، وە كاتێ ئەگەڕانەوە بۆ ناو كۆمەڵەو خێزانی خۆیان بە شادمانیەوە ئەگەڕانەوە لەسەر ئەو كەشخەكردنیانە بەسەر موسوڵمانەكانا • وە كاتێ چاویان پێیان ئەكەوت ئەیانوت : ئەمانەی لە یاسای بتپەرستی لایانداوە گومڕان • ئەم قسانەیشیان ئەكردو ئاوا درێژدادڕییان دەكرد لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمان نیگابانو بەرپرسیاری موسوڵمانەكان نەبوونو بۆ ئەوە نەنێررابوون كە نیگابانی ئەوان بن • جا ئەمڕۆیش موسوڵمانەكان بە كافرەكان پێئەكەنن لە بەهەشتداو ، بەسەر كورسی بەرزەوە بە بەهەشتدا ئەڕوانن • جا ئایا كافرەكان تۆڵەی ئەوەیان درایەوە كە لە دنیادا دەیانكردو ، ئایا گەیشتن بەوەی كە شیاوی بوون ؟ وەلاّم ئەمەیە : بەڵێ •

پـەروەردگـاری زانـــای تەوانـا
دوو دادگـای وای بـۆ عالـەم دانـا

یه‌کـه‌م دادگـای عـه‌ذابی (ادنــی)
بـۆ بیرکردنـه‌وه‌ی هۆشیاری زانـا
له‌م رووی جیهانا به ده‌س‌به‌سـه‌ری
بـه کزیو لاتــیو بـه ده‌ربه‌ده‌ری
ده‌رگـای ئه‌م سیجنه‌ی لیٚ‌ئه‌کریٚته‌وه
به‌لکـو لــه تــاوان بگه‌ڕیٚتـه‌وه
دادگـای دووهـه‌م ناوی (سه‌قه‌ر)ه
دوژمنــی گیانـی په‌ریو به‌شـــه‌ره
په‌نا بـه‌و خودا ئـه‌م سیجنه‌ی دانا
له ده‌ردو ئیٚشـی هانامـه ، هانــا
خودا ! بـه کـه‌ره‌م لای بـده لیٚمان
ئالآی سـه‌تتاری بـه‌خشـه پیٚمـان

سوورەتی (انشقاق) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، بیستو پێنج ئایەتە ، دوای سوورەتی (انفطار) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِذَا السَّماءُ انْشَقَّتْ (١) واَذِنَتْ لِرَبِّهَا وحُقَّتْ (٢)
وِاذا الأَرْضُ مُدَّتْ (٣) واَلْقَتْ ما فِيها وتَخَلَّتْ (٤) واَذِنَتْ
لِرَبِّها وحُقَّتْ (٥) يا اَيُّها الإنْسَانُ اِنَّكَ كادِحٌ اِلى رَبِّكَ
كَدْحاً فَمُلاقِيهِ) (٦)

کاتێ کە ئاسمان لەتلەتو پارچەپارچە بووو تۆزی وەکوو هەور لێ دەرچوو ، بۆ فەرمانی خودای خۆی ئامادە بوو ؛ رامبوو ، گوێی بۆ گرت . (واتە ئەوەی کە خودا ویستی هات بەسەریا) . وە کاتێ کە زەوی تەخت راکشاو درێژ بوو ؛ یانی کێوەکانی لەسەر نەماو بوون بە گەردو تۆزو ، رووی زەوی ساف بوو ؛ وە ئەوەی تیایا بوو لە مادەی بەنرخ ، لە دانراوو دروستکراو فڕەیدایە دەرو ، لە واقیعا فەرمانی خودای بەجێهێناو. قیامەت هاتەجێ .. ئەی ئادەمیزاد تۆ بۆ لای خودای خۆت رائەکەیت بۆ وەرگرتنی پاداشی کردەوەت بە راکردن . واتە بە قەسدو دڵپێدانو دڵ پێوەبوون .

(فَاَمَّا مَنْ اُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ (٧) فَسَوْفَ يُحاسَبُ
حِساباً يَسِيراً (٨) ويَنْقَلِبُ اِلى اَهْلِهِ مَسْروراً (٩) واَمَّا مَنْ

اوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ (١٠) فَسَوْفَ يَدْعُو ثُبُوراً (١١)
وَيَصْلَى سَعِيراً (١٢) اِنَّهُ كَانَ فِي اَهْلِهِ مَسْرُوراً (١٣) اِنَّهُ ظَنَّ
اَنْ لَنْ يَحُورَ (١٤) بَلَى اِنَّ رَبَّهُ كَانَ بِهِ بَصِيراً) (١٥)

بوخاری‌و موسلیم له عائیشه‌وه ـ خ ـ ده‌گێڕنه‌وه ئه‌ڵێت : بیستم که حه‌زره‌ت ـ د ـ ئه‌یفه‌رموو : که‌س حسێبی ناکرێ له قیامه‌تا ئیللا بـه هیلاکا ئه‌چێ ! منیش عه‌رزم‌کرد : ئه‌ی پێغه‌مه‌ر خودا بسکا به قوربانت ، ئه‌وه نیه خودا ئه‌فه‌رموێت : (فاما من اوتی کتابه بیمینه فسوف یحاسـب حسابا یسیرا) ؟ جا پێغه‌مه‌ر فه‌رمووی : ئه‌وه‌ی که له قورئاندا ئه‌فه‌رموێت حیسابه له‌سه‌ر دیمه‌ن‌و رانواندن‌و مه‌به‌س حه‌قیقه‌تی موناقه‌شه‌و حیساب نیه• ئه‌گه‌رنا هه‌رکه‌سێ موناقه‌شه‌ی له‌گه‌ڵدا بکرێت له حسابدا به‌رباد ئه‌بێ •

په‌نا به خودای به‌خشنده‌ی وه‌هـاب
له موناقـه‌شـه‌و ته‌دقیقی حســاب
ئه‌ســبابی طاعــه‌ت خــودا ئه‌ینێرێ
هێزی هیمه‌تیش هه‌ر ئه‌و ئه‌سپێرێ
ئیخلاصیش ئه‌گه‌ر بێنێته رووی کـار
ذه‌ڕه‌ی لـه نرخـا ئـه‌ژێ بـه ملیار
جا ئه‌گه‌ر خودایش نیعمه‌ت بژمێرێ
له‌ســه‌ر ئه‌و که‌ســه طاعه‌ت ئه‌ژمێرێ
باش ده‌رئه‌کـه‌وێ هه‌رچی طاعــه‌تـه
ناگـا به سوپاس بـۆ ئه‌و نیعمه‌تـه
ئه‌مجـار پێم بڵێ : چیت وا به لاوه
بیکـه‌ی بـه طاعه‌ت به لای خوداوه ؟
خودا ! تۆ خوداو ئێمه به‌نده‌ی تـۆ
بیکـه بـه خاتـر دۆســتی کۆنـه‌و نۆ
یانی محه‌مــه‌د ره‌هبـه‌ری ئیســلام
ببه‌خشــه لێمان تاوان (بالتمــام)

واتە : جا کاتێ مەیدانی حیساب ئەگیرێ هەرکەسێ نامەی کردەوەی بدرێ بە دەستی راستیەوە ئەوە لە کاتی حیسابا حیسابی بە ئاسانی لەگەڵدا ئەکرێ • موناقەشەی لەگەلا ناکرێ لە هەندێ شتی وردی وەهـادا کـە ئادەمیزاد بە زەحمەت ئەتوانێ خۆییـان لێ رزگـار بکـات • وە پاش تەواوبوونی حیسابەکەی بە ئاسانی ئەگەڕێتەوە بۆ ناو خاوو خێزانو ماڵو منداڵی ، یا بۆ لای هۆزی ، یا بۆ لای برادەرانی لە دینا •• بە شادی •

وە هەرکەسێکیش نامەی کردەوەی لە لای پشتیەوە پێ بدرێ ئەوە جیهانی لەسەر تەنگ ئەبێو دەست ئەکا بە هاوارکردنو ئەچێتە دۆزەخ • وە ئەگەر نازانن بۆچی وای بەسەردێ ؟ بزانن ! لەبەر ئەوەیە کە کاتی خۆی لە ناو هۆزو خزمو خوێشەکەیا کەشخەچیو خاوەن فیزو دەماری بێ ئەساسو بایی‌بوو بوو بە خۆیو بە ژیانو دارایی خۆیو ، قسەی راستی نەدەبیست• وە گومانی وا بوو هەرچی بکا لەسەری ئەڕواو ، ناگەڕێتەوە بۆ لای خوداو، پرسیاری پاشەڕۆژی نیە • واتە باوەڕی بە رۆژی قیامەت نەبوو • خەیـر گومانەکەی پووچ بوو ، بە راستی خودا بینا بوو بە حاڵی لە دنیاداو خودایێ وا ئاگادار بێ ئەبێ دادگایەکی بێو حیسابو کیتابێکی بێ بەسەر جیهانا•

(فَلا اُقْسِمُ بِالشَّفَقِ ! (١٦) واللَّيْلِ وما وَسَقَ ! (١٧) والقَمَرِ اذا اتَّسَقَ ! (١٨) لَتَرْكَبُنَّ طَبَقاً عَنْ طَبَقٍ (١٩) فَمَا لَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ ؟ (٢٠) وِاذا قُرِيءَ عَلَيْهِمُ القُرْآنُ لا يَسْجُدونَ ؟) (٢١)

سوێند ئەخۆم بەو کەسە کە رووناکی پاش رۆژ ئاوابوون بە ناسکیو بێ‌زیانی رائەگرێ ! وە بەو کەسە شەوی تاریك دێنێتە پێشەوە لەگەڵ ئـەو

شتانەدا کە دای ئەپۆشێ لە کردەوەی پەنامــەکیو لە دەرچوونی دڕندەی دەشتو دەرو کێوانو زاڵبوونی خاوەن حەق بەسەر دوژمنانا ! یا سوێند بەو نوێژو تاعەتە کە لە خەڵوەتی شەودا بە ئیخلاصی دڵ لەبەر رەزای خودا ئەکرێ ، وە ئەو خێراتە ئەبەخشرێتەوە تیایاو کەس پێیان نازانێ ! وە بــەو کەسە کە مانگی دروستکردوەو دەری ئەخا بەسەر عالەمدا لەو کاتەدا بــە تاوی رووناکی پڕ ئەبێتەوە • واتە لە شەوی چواردەدا بە دەوام بــە بێ تێکچوونی یاساو نیظام ! بەو پەروەردگارە ئەم کارانەی پێ ئەکرێ ئــەی ئادەمیزاد ئێوە سواری چەن کارو باری ناهەموار ئەبن لە پاش ئەوە کــە کاری ترتان رەدکرد تەنگوچەڵەمەتان بەسەرادێ لە لەشی خۆتانو نەوەو دەستو پەیوەندتانا ، وە لە پەیداکردنی ژیواراو لە بەگژاچوونی دوژمنی ناهەمواراو ؛ لە ئازاروەرگرتن لە کردەوەی بێسووداو ؛ لە مردنو ئازاری سەرەمەرگداو ؛ لە سزاو پرسیاری گۆڕاو ؛ لە زیندووبوونەوەو لێخوڕین بۆ کۆمەڵگای مەیدانی قیامەتو • پرسیاری کردەوەو ، بردن بۆ دۆزەخو ، سزای ئاگرو **تۆڵەلێسەندنەوەی کردەوەی ناڕەواتانا ••• دەی کــە ئیمان** ناهێنن چیتان دەس ئەکەوێ ؟ وە کاتێ قورئانی پیرۆزیان بەسەردا ئەخوێنرێ بۆچی سەر دانانەوێننو بۆچی فەرمانبەری ناکەنو بە راستی سوجدە بۆ خودا نابەن ؟

یاخود وتار لەگەڵ یارانیایەو ئەفەرموێت : سوێند ئەخۆم ئێوە سواری **پایەی بەرزئەبن لەپاش پایە،دەعوەتو پەیامو ئاییننتان لەجیهاندا بلاوئەبێتەوەو،** ناووشۆرەتی بەرزیتان دنیا دائەگرێو ؛ خودا بەرزتئەکاتەوە بۆ عالەمی ئاسمانو عەرشو بۆ موناجات لەگەڵ خۆیاو ؛ کۆچت پێ ئەکا بۆ مەدینە ، **ئەمجار لە پایەی پەنامەکی بەرزئەبیتەوە بۆ پایەی ئاشکراکاریو ، لە پایەی** بەرگری لە نەفسو گیانەوە بۆ سوپاکێشیو ؛ لە ولاتی عەرەبسانەوە بۆ باقی

جیهانو ، لە نەزانی ئوممەتەوە بۆ زانیاریو لەطائیفی بەرزو بالآ ... ئیتر ئەمکافرانە بۆچی سەر بۆ حەق دانانەوێننو ، بۆچی باوەڕ بە خودا ناکەن ؟

(بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُكَذِّبُونَ (٢٢) وَاللهُ اَعْلَمُ بِمَا يُوعُونَ (٢٣) فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ اَلِيمٍ (٢٤) اِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ اَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ) (٢٥)

کافرەکان هەر لەسەر بێ باوەڕیو بەدکاری خۆیان ئەمێننەوەو خودا زاناترە لەوان بەوەی وا لە دڵیانا لەدوژمنیو کینە بەرابەر بە موسوڵمانەکان. جا موژدەیان بدەرێ بە سزایەکی سەختو ئێش گەیێن ، ئەوانەیان نەبێ کە باوەڕ دەکەنو ، کردەوەی باش ئەکەن ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە .

سووره‌تی بورووج ، لـه سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، بیســتو دوو ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (شمس) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

(والسَّمَاءِ ذاتِ البُروجِ ! (١) واليَوْمِ المَوْعُودِ ! (٢) وشاهِدٍ ومَشْهُودٍ ! (٣) قُتِلَ أَصْحابُ الأُخْدُودِ ! (٤) النَّارِ ذاتِ الوَقُودِ (٥) إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ (٦) وهُمْ عَلى ما يَفْعَلُونَ بِالمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ! (٧) وما نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللهِ العَزِيزِ الحَمِيدِ ! (٨) الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّماوَاتِ والأَرْضِ وَاللهُ على كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (٩)

سوێند به ئاسمانی خاوه‌ن بورج ; واته خاوه‌ن ده‌رگای گه‌وره ; یـا خاوه‌نی ئه‌ستێره گه‌وره‌کان . یا خاوه‌نی ماواو شوێن بۆ مانگ وه‌کوو لـه جێگه‌ی خۆیدا باس‌کراوه . یا خاوه‌ن دوازده بورجه مه‌شهووره‌که که بریتین له بورجی حه‌مه‌ل‌و ، ثه‌ورو ، جه‌وزاء بۆ به‌هارو . سه‌ره‌طان‌و ، ئه‌سـه‌دو ، سونبوله بۆ هاوین‌و . میزان‌و ، عه‌قره‌ب‌و ، قه‌وس بۆ پاییزو . جـه‌دی‌و ، ده‌لوو ، حووت بۆ زستان . سوێند به رۆژی واده‌پێدراو بو پاداشی خێرو شه‌ڕ که رۆژی قیامه‌ته‌و ! به رۆژی شایه‌ت له‌سه‌ر خێر که رۆژی جومعه‌یه‌و شایه‌تی ئه‌دا له‌سه‌ر هاتن‌و نه‌هاتنی موکه‌لله‌فه‌کان بۆ نوێژی جومعه ! وه بـه رۆژی مه‌شهوود که رۆژی عه‌ره‌فه‌یه ! سوێند به هه‌موو ئه‌مانه کافره‌کانی مه‌که ، ئه‌وانه‌یان ده‌وام له‌سه‌ر کوفرو سزادانی موسوڵمانان ئه‌که‌ن مه‌لعوون‌و

دوورن لە ڕەحمەتی خودا ، وەکوو (اصحاب الاخدود) . یاخود مەعنای سوێندەکان ئەڕژێ بەسەر جوملەی (قتل اصحاب الاخدود) ا . واتە سوێند بە خالیقی ئەوانە کە باسمانکردن (اصحاب الاخـدود) شیاوی دۆعای بەقارنو ، بەرباد ئەبن لە ئاگری دۆزەخا . ئەو کۆمەڵە ســـتەمکارە کـە خەندەکیان هەڵئەکەندو ئاگریان تێدائەکردەوە ، ئاگری خاوەن سووتەمەنیو بە بڵێسەو گڕی بەرز . وە ئەو ئیستیحقاقو شیاوی بۆ سزایانە دامەزرا اەو کاتەدا کە ئەوان بەسەر ئەو خەندەکە پڕ لە ئاگرانەوە دانیشتبوونو ســەیری خاوەن ئیمانەکانیان ئەکرد کە ئەخرانە ناو ئەو ئاگرەوەو ئەسووتێنران ، وە ئەوان ئاگاداری ئەو کارەساتە بوون کە بەسەر موسوڵمانەکانیانا ئەهێنا . وە کە ئەمەیش بەو خاوەن باوەڕانە دەکرا هیچ خراپەیەکیان نەبوو ئەوە نەبێ کە ئیمانیان بە خودا ئەهێنا ، خودایێ کە خاوەن عیزەتەو ستایشکراوە لەسەر هەموو کارێ لە کارەکانی . ئەو خودایە کە موڵکی ئاسمانەکانو زەوی بۆ ئەوەو ئەو ئاگاداری هەموو کارەساتێکە .

دەگێڕنەوە : پاشایەك بوە جادووگەرێکی هەبوو ، کاتێ گەیشـــتە تەمەنی پیریی غولامێکی نارد بۆ لای کە فێری جادووگەری بکا ، وە ئـەو غولامە هەموو ڕۆژێ ئەڕۆیشت بۆ لای جادووگەرەکە دەرزی وەرئەگرت، وە لە ڕێگەیدا ڕاهیبێ هەبوو لای ئەدا بۆ لایو ، بە خواستی خودا دڵی بۆ لای دین ڕاکیشاو ڕۆژ بە ڕۆژ دیانەتی باشتر ئەبوو . ڕۆژێ لە ڕێگەکەیا مارێکی دی ڕێگەی لە خەڵك گرتبوو ، ئەویش بەردێکی هەڵگرتو وتی : خودایا ! ئەگەر ڕاهیبەکەت لە جادووگەرەکە خۆشتر دەوێ ئەم مارە بکوژە، وە بەردەکەی لێداو مارەکەی کوشت . ئەو غولامە دڵی لەسەر ئەوە دامەزرا کە ڕاهیبەکە ڕاستەو ، ڕۆژ بە ڕۆژ ئیشو کاری بەرز ئەبووەوەو بە ڕەزای خودا ئیشی لە وزە بەدەری دەکرد ، هەتا وای لێ هات کوێری سـکومای

خۆش ئه‌کرده‌وه‌و ، به‌ڵه‌کی رزگار ئه‌کردو ، دۆعـــای بۆ چاکبوونه‌وه‌ی نه‌خۆش ئه‌شیا .

وه له‌و سه‌رده‌مه‌دا وه‌زیری پاشا نه‌خۆش که‌وت‌و ئه‌و غولامه دۆعای بۆ کردو چاك بوه‌وه ، پاشا لێی‌پرسی : چۆن چاك بوویته‌وه ؟ وتی : خودا شیفای بۆ ناردم . پاشا تووڕه بوو سزای دا . هه‌تا پێی‌وت : من به هۆی غولامه‌که‌ی خۆته‌وه شیفام بۆ هات . وه پاشا ناردی غولامه‌که‌یان هێنـــا ، سزای ئه‌ویشی دا هه‌تا وتی : ئه‌و راهیبه فێری دۆعای کردووم . پاشـــا ناردی راهیبه‌که‌یان هێنا ، فه‌رمانی دا به مشار کردیان به دوو پارچه‌وه‌و ، غولامه‌که‌یشی نارد بۆ کێوێ هه‌تـــا له‌و کێوه‌وه بیخـــه‌نه‌خواره‌وه . وه غولامه‌که‌یان برد بۆ لووتکه‌ی کێوه‌که ، له‌وێدا غولامه‌که له خودا پاڕایه‌وه هه‌تا ئه‌و زه‌وییه که‌وته بوومه‌له‌رزه‌و هه‌موو ئه‌و خه‌ڵکه له‌گه‌ڵیا بوون لـــه کێوه‌که‌وه هه‌ڵدێران‌و مردن‌و ، غولامه‌که ده‌رچوو رۆیشته‌وه بۆ شار !

ئه‌مجار پادشا له که‌شتیدا ناردی بۆ وڵاتێکی دوور به‌ڵکوو بخنکێ ، کاتێ که‌شتی که‌وته جووڵه‌و ئه‌ڕۆیشت هه‌ڵگه‌ڕایه‌وه‌و هه‌موو خه‌ڵکه‌کـــه خنکان ته‌نیا غولامه‌که نه‌بێ ئه‌و به ته‌نیا رزگار بوو ! ئه‌مجا غولامـــه‌که گه‌ڕایه‌وه بۆ لای پاشا پێی‌وت : ئه‌گه‌ر ئه‌ته‌وێ من بکوژی بۆت ناکرێ هه‌تا هه‌موو خه‌ڵکه‌که گردئه‌که‌یته‌وه‌و تیرێ له تیردانه‌که‌ی خۆم ده‌ربێنه‌و بڵێ: (بسم الله رب الغلام) پاشا وای‌کرد ، وه کاتێ کوڕه‌که بـــه‌و جۆره لـــه به‌رچاوی خه‌ڵکه‌که‌دا مرد ، هه‌موو خه‌ڵکه‌که موسوڵمان بوون . وه پاشا زۆر له حاڵی خه‌ڵکه‌که په‌رێشان بوو . فه‌رمانی دا که خه‌نده‌کی دوورو درێژ هه‌ڵکه‌نن‌و ئاگری تیا بکه‌نه‌وه‌و هه‌رکه‌س نه‌گه‌ڕایه‌وه بۆ لای دینی پاشـــا بیخه‌نه ناو ئه‌و ئاگره ! تا ژنێکیان هێنا منداڵێکی له باوه‌شدا بوو له ترسی منداڵه‌که‌ی خۆی گرت له چوونه‌ناو ئاگره‌که ، له‌و کاتـــه‌دا منـــداڵه‌که

هاتەزمانو وتی : دایە بڕۆ بۆ ناو ئاگرەکەو بزانە کە تۆ لەسەر حەقی ! جـا ژنەکە ڕۆیشتە ناویو لەسەر ئایینی راستی خۆیان مانەوە هەتا سووتان •

وە لە حەزرەتی عەلییەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ ئەڵێ : هەندێ ــ یــا پاشایەکی ــ ئاگرپەرست خوطبەی خوێندەوەو وتی : رەوایە بۆ ئینسان خوشکی خۆی مارەبکاو خەڵك بەقسەیان نەکرد ، ئەویش فەرمانی دا چاڵیان هەڵکەندو ئاگریان تیاکردەوەو هەرکەس ئەو بیری ئـەوەی وەرنەدەگرت دەیانسووتاند !

هەندێ ئەڵێن : کاتێ کە (نجران) نەصرانییان وەرگرت (ذی نواس)ی جوولەکە لە هۆزی (حمیر) خەڵکەکەی لە چاڵی ئاگردا سووتاند !

(إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ، ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا، فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ (١٠) إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ) (١١)

ئەو کەسانە کە خاوەن ئیمانەکان ، لە پیــاوو ژن ؛ گیرۆدە ئەکەنو دواییش بیرناکەنەوەو ئیمان نایەنو تەوبە لەو کردەوە نابارانە ناکەن .. ئەوانە سزای دۆزەخو سووتاندنێکی بەتینو لەئەندازە بەدەریان بۆ بڕیاردراوە • واتە لەسەر کوفری کافران سزای ئاگری دۆزەخ هەیەو ، لەسەر گیرۆدەکردنی خاوەن ئیمانەکانیش زیادە سزایان هەیە بە سووتاندنێکی بەتین ، بە عەدالەتی خودا •

وە ئەوانەیش ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باش ئەکەن بێگومان چەن بەهەشتێکیان بۆ بڕیاردراوە کە لە ژێر دارەکانیانەوە جۆگە ئاوی ســافی

زه‌لاڵ ره‌وان ئه‌بێ ؛ وه ئه‌م به‌هره گه‌یشتنه به پایه‌ی گه‌وره له لای خودای میهره‌بانه‌وه •

(اِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ (١٢) اِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ (١٣) وهُوَ الغَفُورُ الوَدُودُ (١٤) ذُو العَرْشِ المَجِيدُ (١٥) فَعَّالٌ لِما يُرِيدُ) (١٦)

به راستی هه‌ڵمه‌تی خودای تۆ بۆ سه‌ر ئه‌وانه که دوژمنی دین‌و ئایین‌و ئازاری موسوڵمانان ئه‌ده‌ن زۆر سه‌خت‌و گرانه ، خودا هه‌ر کاتێ دوژمنی دین بگرێ زۆر به توندی ئه‌یگرێ • خودا ئه‌گه‌ر دره‌نگی بکا له سزادا هه‌ندێ دوای بخات له‌به‌ر حیکمه‌تێکه ، کاتێ که‌وته تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه هه‌رگیز مۆڵه‌ت نادا • خودا زۆر ته‌وانایه ، بۆ ته‌وانایی ئه‌و به‌سه که ئینسانی له نه‌بوون دروست‌کردوه‌و له پاش مردن دووباره زیندوویان ئه‌کاته‌وه •

وه خودا تاوانبه‌خش‌و میهره‌بانه ئه‌گه‌ر به‌نده‌کان رووبکه‌نه خوداو ئیقرار به گه‌وره‌یی ئه‌و بکه‌ن ، وه خودا خاوه‌نی عه‌رشی به‌رین‌و به‌رێزه •

وه یا خودا گه‌وره‌یه له ذات‌و صیفات‌و ئه‌فعالا • وێنه نه بۆ زاتی هه‌یه ، نه بۆ صیفاتی‌و ، نه بۆ ئه‌فعالی •

ذاتی پاکی ئه‌و دارای که‌ماڵه
نوقصانی صیفات بۆ ئه‌و مه‌حاڵه
ئه‌فعالی وه‌کوو صیفاتی وایه
هه‌ر کارێ چه‌نها حیکمه‌تی تیایه

وه خودا خواستی له‌سه‌ر هه‌رچی بێ بێ‌گومان ئه‌یکا ، وه هه‌رچی خواستی لێ نه‌بێ نابێ‌و نایکا • له حه‌دیثی شه‌ریفدایه : (ما شاء الله كان وما لم يشأ لم يكن) •

ئەوەی خواستی حەق لە بۆی نازڵ بێ
بێشوبهەو گومان ئەبێ حاصڵ بێ
(لن یصیبنا الا ما کتب)
ئینسان بەم نەصە ئەبێ عاقڵ بێ
دڕکێ بێ مەیلی خودا لێت نادا
ئەگەرچی عاقڵ نابێ غافڵ بێ
شەوو ڕۆژ بڕۆ بۆ جەمعی ئەسباب
ئینسان لە ئەسباب نابێ ماتڵ بێ
بەلام ئەسبابی کائینات هەموو
بە تەوفیقی حەق ئەبێ کامڵ بێ
هانایە (نامی) بۆ بارەگای حەق
بەڵکوو کەرەمێ بۆ ئەو واصڵ بێ

(هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْجُنُودِ : (١٧) فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ ؟ (١٨) بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي تَكْذِيبٍ (١٩) وَاللَّهُ مِنْ وَرَائِهِمْ مُحِيطٌ (٢٠) بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (٢١) فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ) (٢٢)

ئەی ڕەهبەر ئایا باسی سوپای پڕ جەفای قیبطییەکانو فیرعەون هاتوەتە لای تۆ ؟ وە بەسەرهاتی گەلی صالح لە نەتەوەی ثەمودت بیستوە ؟ کە چۆن لە فەرمانی خودا یاخی بوونو ؟ چوون بە گژی صاڵحداو ؟ چۆن بەرهەڵستی مووسایان کردو ؟ چۆن خودا ڕەگی لە زەویدا دەرهێنان ؟ بە دڵ واز لەو باسانە بێنە ، ئەوانەی لە قورەیشو هاوبیرەکانیان کوفری خودای خۆیان ئەکەن وان لە ئینکارو تەکذیبێکی نەبڕاوەدا ، بەلام وا ئەزانن لە دەستی خودا دەرئەچن ؟ خودا لە پشتەوە دەوری داون ، بە خۆیان نەزانیوە

هه‌تا گه‌مارۆ دراون • واز له‌م کافرانه بێنه راستی به خه‌یاڵی کـه‌س له‌ناو ناچێ ، ئه‌و وتاره که بۆ تۆ هاتوه‌و کراوه به یاسای ئیـــــسلام قورئانێکی پیرۆزو خاوه‌ن رێزه‌و به خه‌تی قودره‌تی خودا له‌گه‌ڵ باقی کتێبه‌کاندا له‌سه‌ر له‌وح نووسراون‌و ، له‌وحیش پارێزراوه‌و ده‌ســـــتی قودره‌تی خودا نه‌بێ نایگاتێ •

که‌لامــی خودا ئــه‌وه‌ی نــه‌فســییه
صــیفه‌تی زاتــی پاکــی قودســییه
نه‌حه‌رفه نه له‌فظ نه جینسی ئه‌صوات
خاصه‌ی خودایه له جومله‌ی صیفات
که‌لامــی له‌فظی ئه‌میش وه‌کوو ئــه‌و
دووره لــه ده‌ستی خه‌ڵکی کۆنه‌و نه‌و
مه‌رقوومی خاصــی (لوح المحفوظ)ه
بــه عینایــه‌تی خــودا مه‌لحووظــه
لــه عه‌لاقــه‌ی عــام به‌رییه بــه‌ری
لــه هێز ی‌مه‌لــه‌ك ئاده‌مــی‌و پــه‌ری
(لا یمســـــــه الا المطهـــــر)
(یقدســـــه القلـــب المنـــور)
(نامی) به فه‌یضی قورئانی عه‌عظیم
ئه‌گــات به عه‌فــوی ره‌حمانی ره‌حیم

سوورەتی (طاریق) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، ١٧ ئایەتــە ، دوای سوورەتی (بلد) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والسَّماءِ والطَّارِقِ ! (١) وما أدْرَاكَ ما الطَّـارِقُ ؟ : (٢) النَّجْمُ الثَّاقِبُ (٣) إِنْ كُلُّ نَفْسٍ لَمَّا عَلَيْها حافِظٌ) (٤)

سوێند ئەخۆم بە ئاسمانو بە طاریق ! وە تۆ چووزانی طاریق چیــە ؟ طاریق ئەستێرەیەکی پڕتەوداری وەهایە کە پەردەی تاریکی ئاسمان ئەدڕێ . سوێند ئەخۆم بەوانە ! بە راستی هەموو نەفسێ لە نوفووسی حەیوانیو نوفووسی ئینسانی نیگابانی لەسەرە بۆ پارازتنی لــەو ئافاتانە کــە خودا ئەیەوێ پارێزراوبنلێیان .

(فَلْيَنْظُرِ الإنْسانُ مِمَّ خُلِـقَ ؟ (٥) خُلِقَ مِنْ مـاءٍ دافِقٍ (٦) يَخْرُجُ مِنْ بَيْنِ الصُّلْبِ والتَّرائِبِ (٧) إنَّهُ عَلى رَجْعِهِ لَقادِرٌ (٨) يَوْمَ تُبْلى السَّرائِرُ (٩) فَما لَهُ مِنْ قُوَّةٍ ولا ناصِرٍ) (١٠)

ئەو ئادەمیزادە کە خودا نیگابانیەتی بۆچی وەها لە خودایێ یاخی ئەبێ کە کردەوەکانی لە جیهاندا دیارە ؟ با تەماشا بکا بزانێ خۆی لە چی دروست ـ کراوە ؟ لە ئاوێکی بازرەقەبەستوو دروستکراوە کە لە نێوان ناوشانی پیــاوو سەرسنگی ژن دەرئەچێ .

به راستی ئه‌و خودایه که له‌و ئاوه خاوه‌ن مایــه ئــه‌م ئاده‌میزاده‌ی دروست‌كردوه ته‌وانایه له‌سه‌ر زیندووكردنه‌وه‌و پرسیارلێكردنی ، وه لــه‌و رۆژه‌دا زیندووی ئه‌كاته‌وه كه هه‌موو ئه‌حوالێكی په‌نامه‌كی ده‌رئه‌كه‌وێ . وه له‌و رۆژانه‌دا ئاده‌میزاد له گیانی خۆیدا هێزی دیفاع له خۆیی نیه‌و ، كه‌سیش نیه ، بێجگه له‌خۆی ، هه‌وڵی بۆ بداو یارمه‌تی بدا .

(والسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ! (١١) والأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ! (١٢) اِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ (١٣) ومَا هُوَ بِالْهَزْلِ (١٤ اِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا (١٥) وأَكِيدُ كَيْدًا (١٦) فَمَهِّلِ الكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا) (١٧)

سوێند به ئاسمانی خاوه‌ن باران ! وه ســوێند به زه‌وی‌ی خــاوه‌ن نوفووذی هه‌ناسه‌دار بۆ سه‌وزبوونی گیاو گوڵ ! ئه‌م قورئانه فه‌رمووده‌ی خودایه‌و فه‌رمووده‌یه‌كی وایه كه حه‌ق له ناحه‌ق جیا ئه‌كاته‌وه‌و واتــه‌یه‌كی گه‌پ‌و گاڵته نیه .

به راســتی ئــه‌و كافرانه جۆره‌ها فڕوفێڵ ئه‌كه‌ن بۆ به‌تاڵكردنه‌وه‌ی قورئان‌و دوورخستنه‌وه‌ی خه‌ڵك له باوه‌ڕپێكردنی ، وه ئێمه‌یش كاری خاوه‌ن حیكمه‌تی ورد ئه‌كه‌ین بۆ دامه‌زراندنی له دڵی هۆشیارانا . جا تۆ مۆڵه‌تی ئه‌و كافرانه بده به مۆڵه‌تێكی وا له‌گه‌ڵ چاوه‌ڕوانی بــۆ ئه‌نجــامی كاریاندا بێ تا ماوه‌یه‌كی كه‌م . هه‌تا حاڵیت بكه‌م چییان به‌سه‌ردا دێنم !

په‌نجــه‌ی نه‌رمــی تــۆ ناگــا به پۆلاد
فریــاد له هۆشــی بێ‌هۆشــان ! فریاد !

سوورەتی (اعلی) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، نۆزدە ئایەتە ، دوای سوورەتی (تکویر) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلى (١) الَّذي خَلَقَ فَسَوّى (٢) الَّذي قَدَّرَ فَهدى (٣) والَّذي اَخْرَجَ المَرْعى (٤) فَجَعَلَهُ غُثاءً اَحْوى (٥) سَنُقْرِئُكَ فَلا تَنْسى (٦) اِلاّ ما شاءَ اللهُ ، اِنَّه يَعْلَمُ الْجَهْرَ ومَا يَخْفى (٧) ونُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرى) (٨)

واتە : ناوی پیرۆزی پەروەردگاری خۆت ، کە لە هەموو شتێ بەرزترە، دوور بخەرەوە لەوە بە بێ ڕێزو حورمەت بەکار بێت ، وە لە سەر مەعنای واقیعی خۆی بەکاری بێنە .

وە یاخود تەقدیس‌و تەنزیهی خودای خۆت بکە ، کە لە هەموو شتێ بەرزترە .. لە نیسبەتدانی شەریك‌و نوقسانی بۆ عیلم‌و خواست‌و کەلام‌و تەوانایی ... وە باوەڕت وەهابێ کە ئەو زاتە خاوەنی هەموو کەمالاتێکە .

ئەو خودایە کە ئیبداعی عالەمی کردو ئیجادی مەوجووداتی کرد بە ئیرادەو زانستی خۆی‌و بە هێزی قودرەت‌و تەوانایی خۆی‌و ، ڕێکی خست بۆ ئەو کارانە کە بۆی دروستکردوون . وە ئەو خودایە کە تەقدیری زات‌و صیفاتی مەخلووقاتی خۆی کردو هەر یەکێ لە هەر جۆرو کۆمەڵ‌و بەشێ لەوانەی شارەزا کرد بۆ جۆرێ بیرو باوەڕو کارو کردەوەو ژین‌و ژیوارو تەمێ‌و تەربیە . وە ئەو خودایە کە گیای لەوەڕی گیانلەبەرانی لە زەوی

دەرکرد بە نمێ بارانو بە هەوای دەشتو کۆسارانو دانیە بەر شـــەپۆلی هەواو بای خاوەن نەشەو نساو پڕتەوی ڕۆژی خاوەن سوود • جا پاش ئەوە کە ماوەی نەشەی تەواوبوو کردی بە پووشێکی ڕەش‌بام • واتە ئـــەو شەوق‌و شەفافە کە بووی نەیساو ئەو ڕەنگە بووی پەڕی •

وەکوو ئینسانێ بترسێ لـــە مـــار
یا لـــە ئینسانی هـــاری ستەمکـــار
ڕەنگـــی ئاڵی رووی زەرد ئەبێتـــەوە
خـــەتـــی شـــیرینی ئـــەکووژێتـــەوە
ئەو خوێنەی وەکوو یاقـــووت وەهایە
ئەبـــێ بـــە ئاوی بـــێ ڕەنگ‌و سـایە
خۆشـــی نامێنێ لـــە نـــاو دەروونـــی
بوونـــی وەرئەگرێ شـــێوەی نەبوونی
خودا بـــە کەرەم بـــە میهـــرەبانـــی
بمانپارێزێ لـــە پـــەرێشـــانـــی
ئیرشـــادمان بکـــا بۆ عەقڵ‌و ویجدان
بۆ نیشاندانی ویجـــدان بـــە مەردان
بـــە ڕاســـتی دنیـــا گیـــای بەهـــارە
لـــە پاش ماوەیـــێ پووشـــی کۆسارە
کـــەســـمان نەبینی تا ســـەر بە بارێ
بـــژی بـــە خۆشـــی لـــە ڕۆژگـــارێ

وە بە تەئکید لەسەر زمانی جوبرەئیلی ئەمین قورئانت پێ ئەخوێنین‌و تۆیش هیچت لێی لەبیرناچێتەوە ، ئەو شتە نەبێ خواســـتی خودا وەهابێ لەبیرت‌بچێتەوە ، وەکوو ئەو ئایەتە کە خوێندنەوەی نەســـخ‌کراوەتەوە ، وەکوو ئایەتی ژمارەی (رضاع)ێ کە تەئثیر بکا ، وە ئایـــەتی ڕەجم بۆ پیاوو ژنی زیناکار لە کاتی ئیحصانا ••• بە ڕاستی خودا بـــە ئەحواڵی ئێوە

ئەزانێ ، ئەوەی دیارەو ئەوەی پەنهانەو ، مەیدانی ئەوە نادا هیچت لەبـیر بچێتەوەو ، ئامادەیشت ئەکەین بۆ رێگەیێ کە ئاسان بێ بۆ زاڵبوون بەسەر لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا ؛ وەکوو تەوفیقی دەورکردنەوەی قورئان . یا وەکوو هێزدان بە هێزی لەبەرکردن بۆ ضەبطو راگرتنی ئەحواڵ •

(فَذَكِّرْ إِنْ نَفَعَتِ الذِّكْرى (٩) سَيَذَّكَّرُ مَنْ يَخْشى (١٠) ويَتَجَنَّبُها الأَشْقى (١١) الَّذِي يَصْلى النَّارَ الْكُبْرى (١٢) ثُمَّ لا يَمُوتُ فِيها ولا يَحْيى (١٣) قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكّى (١٤) وذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلّى (١٥) بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيا (١٦) والآخِرَةُ خَيْرٌ وأَبْقى (١٧) إِنَّ هذا لَفِي الصُّحُفِ الأُولى(١٨) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ ومُوسى) (١٩)

جا پاش ئەوە کە خودا رێگەی وەرگرتن‌و لەبەرکردنی قورئانی بـۆ ئاسان کردی‌و ، خۆت تێرو تەسەل‌کرد لە خوێندنەوەیی‌و لە رەفتارکردن بە ئەمرو نەهیەکەی ئەمجار ئەبێ وەعظو رێنومایی خەڵکی پێ بکەی ئەگەر رێنومایی‌کردن سوودی هەبێ ، وە لە واقیعیشدا وایەو سوودی بۆ هەندێ کەس هەیە ؛ چونکە بە بێ گومان بیر لە حاڵی خۆی ئەکاتەوەو ، کردارو رەفتاری خۆی باش ئەکا کەسێ کە لە خودا بترسـێ • وە ئینسانی بەدی بەدرەفتاری لە خودا یاخی لە ئامۆژگاری‌و رێنومایی دوورئەکەوێتەوەو خۆی لێ لائەدا ، ئەوەیش ئەو کەسەیە کە بێگومان دۆزەخ جێیەتی ، ئەو ئاگرە کە زۆر لە ئاگری دنیاگەورەترە . وە یاخود ئەڕواتە ناو ئاگری زۆر بەتین نەك ئاگرە سووکەکان ؛ چونکە دۆزەخیش چـەن چین‌و پلـەی هەیەو زۆر سەرسەخت‌و بەدبەختەکان ئەڕۆنە ناو پایە زۆر گەورەکانیان • وە لە پاش

ئه‌وه چوونه ناو ئاگره‌كه‌وه تیادا ئه‌مێننه‌وه‌و نامرن ؛ چونكی له‌و دنیادا مردن نیه ؛ جا وه‌كوو نامرن زیندوویش نابن به زیندوێتێكی سوودمه‌ند •

وه به راستی له ئاگر رزگار ده‌بێ كه‌سێ كه له گیانی خۆیدا پاك بێ ، واته تێكۆشێ بۆ پاككردنه‌وه‌ی ده‌روونی خۆی له به‌دبیری‌و به‌دخه‌یاڵی‌و به‌دڕه‌وشتی‌و ، بیری گه‌وره‌یی خودا بكاته‌وه‌و به زمان ناوی ببا له سه‌ره‌تای نوێژه‌كانیه‌وه‌و ؛ جا نوێژه‌كه‌ی به راستی‌و رێكی به (الله اكبر) بكا • به‌ڵام ئێوه • ئه‌ی كافران ، ژیانی دنیا هه‌ڵئه‌بژێرن‌و ئه‌م ژیانه ئه‌شكێننه‌وه به‌سه‌ر ژیانی پاشه‌ڕۆژدا ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه ژیانی پاشه‌ڕۆژ باشترو ده‌وامدارتره • به راستی ناوه‌رۆكی ئه‌م سووره‌ته‌و ئه‌مه‌ی لێره‌دا باس‌كراوه له په‌ڕه‌ی كتێبه كۆنه پێشوه‌كانیشدا هه‌یه كه ئه‌و كتێبانه بریتین له : سه‌حیفه‌كانی حه‌زره‌تی ئیبراهیمی خه‌لیل كه باپیره‌ی خۆته‌و . سه‌حیفه‌كانی حه‌زره‌تی مووسا ؛ كه ئه‌ویش وه‌كوو تۆ هه‌ر له ئامۆژگاری‌و رێنومابیدا خۆی ماندووكردو ، به ئیستیقامه‌ت‌و یه‌كباری پایه‌ی به‌رزی له لای خودا وه‌رگرت •

سوورەتی (غاشیە) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، بیستو شەش ئایەتە ، دوای (ذاریات) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(هَلْ اَتاكَ حَدِيثُ الغَاشِيَةِ ؟ (١) وجُوهٌ يَوْمَئِذٍ خاشِعَةٌ (٢) عامِلَةٌ ناصِبَةٌ (٣) تَصْلى ناراً حَامِيَةً (٤) تُسْقى مِنْ عَيْنٍ آنِيَةٍ (٥) لَيْسَ لَهُمْ طعَامٌ اِلاَّ مِنْ ضَرِيعٍ (٦) لا يُسْمِنُ، ولا يُغْنِي مِنْ جُوعٍ (٧)

ئایا باسی ئەو بەڵاو موصیبەتە گەورەت پێگەیشتوەو بیستووتە کە دنیا دائەگرێو گیانلەبەران ، بە تایبەتی ئادەمیزادو پەریی ، ئەکەونە بەریو ، بە باری گرانی ئەو گیرۆدە ئەبن ؟ لەو کاتو رۆژەدا چەن روویێ کزو داماونو چەن ئیشێ ئەبینن و ئەیکەن کە پێی ماندوو ئەبن ، وەکوو لێخورین بۆ مەیدانی پرسیارو ، ماتڵبوونی ماوەیەکی زۆر لەوێداو ، شەرمەساریو تاوانباریو ، بردن بۆ دۆزەخو ، سزاوەرگرتن بە جۆرێ کە نەفس ئاسایشی پێ نامێنێو ، خاوەنی ئەو رووانە کە بەم شێوەن ئەچنە ناو ئاگری گەرمو ، ئاویان ئەدرێتێ **لە سەرچاوەیێ کە زۆر گەرمەو ریخۆڵە ئەسووتێنێو ، خواردەمەنییان نیە** درکی وشترخوار نەبێ ، ئەم خۆراکە نە خاوەنەکەی قەڵەو ئەکاو ، نە برسێتی ئەشکێنێ چ جای ئەوە سوودی زیادەی بێ !

ئەم رووو روخسارانە هەندێکن لە ئەهلی دۆزەخ ، وە هەندێکی تریان خۆراکیان (زەقووم)ەو ، هەندێکیان (غسلین)ە ، وە یا هەر خاوەنی ئەو

رووانه جارجار له وشـــترخوارو ، جارجار له (زه‌قووم)و ، جارجار لـــه (غسلین) ئه‌خۆن .

خوارده‌مه‌نییـــان نـــه‌ك بۆ ژیانــــه
به‌ڵـــكو بـــۆ ژان‌و ئێشـــی گیـــانه
دڕکی (وشترخوار) بدرێ به (ئینسان)
ده‌م‌و ، قوڕگ‌و ، سك ... ئه‌بڕێ یه‌کسان
شــــه‌رابێکی وا ڕێخۆڵـــه ببـــڕێ
بۆ دۆزه‌خ نـــه‌بێ کێ ئه‌بێ بیکـــڕێ ؟!

(وجُوهٌ یَوْمَئِذٍ ناعِمَةٌ (٨) لِسَعْیِها راضِیَـــةٌ (١٩) فِي جَنَّةٍ عالِیَةٍ (١٠) لا تَسْمَعُ فِیها لاغِیَـــةً (١١) فِیهـــا عَیْنٌ جَارِیَةٌ(١٢)فِیها سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ(١٣)واَکْوابٌ مَوْضُوعَةٌ (١٤) ونَمارِقُ مَصفُوفَةٌ (١٥) وزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ) (١٦)

وه له‌و ڕۆژه‌دا چه‌ن رووبه‌کیش هه‌ن خاوه‌ن نازو نیعمه‌ت‌و گوشادن، له کرده‌ی خۆیان په‌شیمان نین‌و رازین به‌و هه‌وڵ‌و کۆششه که له دنیـــادا کردوویانه ؛ چونکه پاداشه‌که‌ی زۆر باشه ، وه وان له نـــاو به‌هه‌شـــتی پایه‌به‌رزدا ، یا له به‌هه‌شتێکدا که شوێنه‌که‌ی به‌رزه . له‌و به‌هه‌شتانه‌دا وتاری پووچ‌و بێ‌سوود نابیسن ، سه‌رچاوه‌ی ئاوی جوان‌و ره‌وانی تێـــدایه ، کورسی‌و قه‌نه‌فه‌ی به‌رزی به‌ڕێزی تێدایه ، چـــه‌ن گۆزه‌ی بچکۆله‌ی بێ ده‌سك‌و لووله‌ی تێدایه که له به‌رده‌ستیانا دانراون‌و ، چه‌ن سه‌رینی ریزکراوی تێدایه‌و ، چه‌ن رایه‌خی به‌بایه‌خ له‌به‌ر پێیانا داخراوه .

(اَفَلا یَنْظُرُونَ الی الإبِلِ کَیْفَ خُلِقَتْ ؟ (١٧) والی السَّماءِ کَیْفَ رُفِعَتْ ؟ (١٨) والی الجِبَالِ کَیْفَ نُصِبَتْ ؟ (١٩) والی

الأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ؟ (٢٠) فَذَكِّرْ اِنَّمَا اَنْتَ مُذَكِّرٌ (٢١)
لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ (٢٢) اِلاَّ مَنْ تَوَلَّى وَكَفَرَ (٢٣)
فَيُعَذِّبُهُ اللهُ العَذابَ الأَكْبَرَ (٢٤) اِنَّ اِلَيْنَا اِيَابَهُمْ (٢٥)
ثُمَّ اِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ) (٢٦)

ئەوە بۆچی ئەو کافرانە بیرناکەنەوە لە جیهانا تا تەوانایی خودایان بۆ دەربکەوێو باوەڕ بەوە بکەن کە خودا ئەتوانێ بیانمرێنێو زیندوویشیان بکاتەوە ؟ کاتێ کە سواری وشترەکانیان ئەبنو بە دەشتو سارادا ئەڕۆن بۆ بە چاوی عەقڵ بیرناکەنەوەو تەماشای وشترەکانیان ناکەن کە چۆن دروستکراونو ؟ چەن بە تەوانان لەسەر هەڵگرتنی باری قورسو لەسەر رۆیشتن لە ولاتی زۆر گەرماو ، بە خواردەمەنی دڕکو دارو گسا قنیات ئەکاو دائەکەوێو ؛ دە رۆژ خۆی لەبەر تینوێتیدا دەگرێو ، چۆن رامە بۆ خاوەنەکەی هەرچەند منداڵێکی بێ هێزو دەستەلات بێ ؟ وە بۆ تەماشای ئاسمان ناکەن چۆن بە راسەریانەوە بەرز کراوەتەوەو بە جوانی ئەستێرەکان جوانکراوە ؟ وە بۆ تەماشای کێوەکان ناکەن چۆن وا دامەزراون کە ئەڵێی مێخی داچەقاونو داناڕووخێن بەسەر خەڵکی زەویدا ؟ وە بۆچی تەماشای زەوی ناکەن چۆن پانکراوەتەوەو چۆن کراوە بە ئارامگای ئادەمیزاد ؟ ئەوە بۆ ناڕوانن بۆ جۆرەها مەخلووقات لەگەڵ بیری هۆشیاریدا هەتا حاڵی بین کە خۆیان لە خۆیانەوەو بە بێ دروستکەرێ پەیدا نەبوونو ؟ بەڵکوو دروستکەرێ هەیەو رۆژێ هەیە بۆ پرسیار لە بیرو باوەڕو کردەوە؟ جا کە ئەوان هان لە خامۆشیو بێهۆشیدا تۆ هەر ئەوەندەت بە دەستە کە رێنومایيان بکەییو فەرمانی خودایان پێ رابگەیەنی ؛ چونکە تۆ هەر رێنومایی‌کەریو حەق‌نیشان‌دەریو هەر نیشان‌دانت لەسەرەو تۆ زاڵ نیت

به‌سه‌ر ئه‌وانه‌داو تا ئیسته هێزی زاڵبوونت پێنه‌دراوه ، هه‌میشه ڕێنومایی‌یان بکه به‌گشتی ، ئه‌وانه نه‌بێ که پشتیان له مه‌یدانی بیستنی ئامۆژگاریی هه‌ڵکردوه‌و ، کوفر به خوداو به تاك‌و ته‌نیایی خوداو پێغه‌مه‌ری خوداو که‌لامی خودا ئه‌که‌ن •

ئه‌م جۆره ئاده‌میزادانه وه‌کوو یه‌که‌م دوژمنێکی جیهانی وان بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی ڕاستی‌و ڕه‌وشتی به‌رزو به‌مانه • جا له به‌رانبه‌ری ئه‌م به‌دبیرییه‌وه خودای ته‌عالا سزای ئه‌دا به سزایه‌کی وا که له‌و سزا گه‌وره‌تر بێ ئه‌و بیری لێ‌ئه‌کرده‌وه • وه ئه‌مانه هه‌ر حاڵێکیان بێ له ده‌ستی ئێمه ده‌رناچن ، دوای ژیانیان له دنیادا گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ لای ئێمه‌یه‌و پرسیاری کرداروو ڕه‌فتاریان له‌سه‌ر ئێمه‌یه که ئێمه زاناترو ته‌واناترین له‌سه‌ر هه‌موو حسابێ •

سوورەتی فەجر لە سوورەتە مەکەییەکانە ، سی‌ئایەتە ، دوای سوورەتی لەیل هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والفَجْـرِ ! ولَيالٍ عَشْرٍ ! (٢) والشَّـفْعِ والوَتْرِ ! (٣)
واللَّيْلِ اِذَا يَسْرِ ! (٤) هَلْ فِي ذلِكَ قَسَمٌ لِذِي حِجْرٍ ؟) (٥)

سوێند بە بەرەبەیانی هەموو رۆژێ کە کاتی دەرکەوتنی پڕتەوی تەوانایی خودایە ! بە دەرکەوتنی پڕتەوی نزیکبوونەوەی رۆژ لـە پاش داگـرتنی پەردەی رەشی تاریکی بۆ جیهانی سەرزەوی ! وە یا سوێند بە بەرەبەیانەکانو دە شەوەکانی دەی کۆتایی مانگی رەمەزان کە هیوای پڕتەوی رەحمـەتی خودایان تێدائەکرێ بە هۆی (لیلة القدر) ەوە ! وە یا بە دە بەرەبەیانو دە شەوەی سەرەتای مانگی قوربان کـە کاتی زیارەتی خانەی خودایـە لـە موسوڵمانانی هەموو رووی دنیاوە !

وە سوێند بە جووتو تاق ! واتە بە مەخلووقات کە بە زۆری دوودوون. وە بە خالیق کە تاقو تەنیایە ! وە یا بە (نەوعی متناسل)و نەوعی بێ‌نەسل لە فریشتەو ئادەمیو پەریی !

وە یا بە ئینسان کە تێکەڵی خەڵك ئەکەن بۆ ئیفادەو ئیستیفادە ، وە ئەو تاقانە کە کەناریان لە عالەم گرتوە بۆ طاعەتو بەندەیی‌کردن ! سوێند بە شەوی خەڵوەتی زیکری خودا کاتێ کە تەواو ئەبێو ، مەلائیکە کردەوەکانیان تێدا بەرزئەکەنەوە بۆ بارەگای خودا .

جا ئایا لەم سوێندانەدا سوێندێکی بەڕێز هەیە بۆ هۆشیار ؟ بەڵێ مادام سوێندخۆرەکە خودای تەواناو بەهێزە . وە وەڵامی سوێندەکە (مقدر)ە ؛ واتە ئەو کافرانە سزائەدرێن .

(اَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ؟ (٦) إِرَمَ ذَاتِ العِمَادِ (٧) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي البِلادِ (٨) وثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ (٩) وفِرْعَوْنَ ذي الأَوْتَادِ (١٠) الَّذِينَ طَغَوْا فِي البلادِ (١١) فَأَكْثَرُوا فِيهَا الفَسَادَ (١٢) فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ(١٣) إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)(١٤)

واتە : ئەو کافرانە کە وان لە زەمانی تۆدا سزا ئەدرێن لەسەر ئەو کوفرو سەرسەختییەیان وەکوو کافرە پێشوەکان سزا دران . ئایا نازانی خودای تەعالا چیکرد بە گەلی عادی (ئیرەم) لە ئەولادی سامی کوڕی نووح کە خاوەنی قەسرو باڵاخانەی بەرز بوون ؟ یا خاوەنی رێزو باڵای جوان . بەڵام مانای یەکەم لەگەڵ ئەوەدا باشتر دەگونجێ کە خودا فەرموویەتی : ئەو بینایانە کە وێنەیان دروست نەکراوە لە شارەکانا لە پێش ئەواندا . وە خودا چۆن بە بای فەنا بەربادی کردنو ؛ چۆن مامەڵەی لەگەڵ گەلی ثەموودا لـە نەتەوەی عـاد کـرد ؟ ئەوانە کە بەردیان لـە کێوەکانی (وادي القرى) لە نزیکی وڵاتی (اردن)دا دەبڕی ؛ کە چۆن بە بوومەلەرزە لەناوچوونو شوێنەواریان نەما .

وە خودا چۆن قاری گرت لە فیرعەون کـە چوارمێخەی لـە زەویدا دائەکوتاو دەستو پێی ئینسانی ئەبەست بەو مێخانەوە بۆ ئەوە کاتێ سزایان ئەدا نەتوانن خۆیان رزگار بکەن . ئەو گەلەی کە یاپی بوونو لایـاندا لە

ئەندازە لە شارەکاندا بە : کوشتن‌و ، تالآن‌کردن‌و ، ناموس‌بردن‌و ، هەموو جۆرە بەدڕەوشتییەکیان کرد ••• جا خودا جۆرەها سزای بەسەرا رژاندن ؛ چونکی بە راستی خودا وا لە کەمینی موراقەبەی بەندەکانیداو ئاگای لـە هەموو کارو بارێکیانە • وە مادام لە کەمیندایە بۆیان‌و تەماشایان ئەکا :

(فَأَمَّا الإنْسَانُ إِذا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ ونَعَّمَهُ ، فَيَقولُ : رَبِّي أكْرَمَنِ (١٥) وأمَّا إِذَا ما ابْتَلاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ ، فَيَقُولُ : رَبِّي أهَانَنِ ! (١٦) كَلاَّ بَلْ لا تُكْرِمُونَ اليَتِيمَ (١٧) ولاَ تَحاضُّونَ عَلى طَعامِ المِسْكِينِ (١٨) وتَأكُلُونَ التُّراثَ أكْلاً لَمّاً (١٩) وتُحِبُّونَ المالَ حُبّاً جَمّاً (٢٠) •

کاتێ خودا ئادەمیزادی تاقی‌کردەوەو ، رێزی گرت‌و نازو نیعمـەتی رژاند بەسەریا بە کەشخەوە ئەڵێ : خودای خۆم رێزی گرتووم • وە ئەگەر بە بارەکەی تردا خودا تاقی‌بکاتەوە ، واتە رۆزی‌و بژێوی لەسەر کەم بکاتەوە ئەوە ئەڵێ : خودای خۆم سووکی کردووم ! حاشا ! خودا نە دەوڵەمەندکردنی بەلاوە رێزگرتنەو ، نە بەگەداکردنی بەلاوە گاڵتەپێکردنە • ئەمانـە لـە ئیرادەیەکی تایبەتییەوە پەیدا ئەبن لەبەر حیکمەتێکی تایبەتی ، ئەگەرنا گەلێ دەوڵەمەند هەن کە دوژمنی خودان‌و ، گەلێ گەدا هەن دۆستی خودان • ئەمانە کە ئەم قسە ئەکەن کردەوەکانیان لە قسەکەیان نابارترە • ئێوە رێزی منداڵی هەتیوی داماو ناگرن‌و ، هانی خەڵك نادەن لەسەر خواردەمەنی‌دان بە گەداو بێ‌نەوایان‌و ، ماڵی میراتی مردوەکان ئەخۆن بە خواردنێکی وەها کە حەرام ئەخاتە پاڵ حەلآڵ‌و ناپرسن لە حەرام‌و ناترسن لە خواردنی ، وە ماڵی دنیاتان خۆش‌ئەوێ بە خۆشویستنێکی زیاد لە ئەندازە •

(كَلاَّ ! اِذَا دُكَّتِ الأَرْضُ دَكّاً دكاً (٢١) وجَاءَ رَبُّكَ والمَلَكُ صَفّاً صَفّاً (٢٢) وجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ . يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الإنْسانُ ، وانَّى لَهُ الذِّكْرى ؟ ! (٢٣) يَقُولُ : يا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي !(٢٤)فَيَوْمَئِذٍ لا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ اَحَدٌ (٢٥)، ولا يُوثِقُ وثَاقَهُ اَحَدٌ) (٢٦)

واز لەم بێ‌ئیستیقامەتی حاڵەو لەم بێ‌موبالاتی بەژیانە بێنن . کاتێ کە زەوی بە بوومەلەرزە کوتراوە هەتا رۆچوو ئەو بەرزی کێوو هـەردەیە نەماو . شوێنەواری هێزو قارو دەستەلاتی خودا دەرکەوت‌و ، قیامەت هات‌و فریشتە فەرمانبەرەکانی رۆژی قیامەت پۆل‌پۆل بە ریـز هاتن . وە لـەو رۆژەدا دۆزەخ هێنراو ئامادەکرا بۆ وەرگرتنی تاوانباران . لـەو رۆژەدا ئادەمیزاد بیرئەکاتەوە نە بیرو باوەرو کارو کردەوەی خۆیداو . لە کـردنی هەندێ کار پەشیمان ئەبێتەوەو.پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ کە بۆ وای‌کردو، بۆ وای نەکرد ؟ بەڵام دوای چی ؟ پاش ئەوە هیچی بۆ نەمایەوە ؟ تـــازە پەشیمانی چ سوودێکی دەبێ ؟ لەو کاتەدا بە داخ‌و خەفەتەوە دەڵێ : کاشکی لە رۆژگاری ژیانمدا کاری چاکم بۆ ئەم رۆژە بناردایەو خێرم بۆ ئیـستە پێش‌بخستایە ! وە لەو رۆژەدا کەس ناتوانێ وەکوو خودا سزای کافرەکان بداو ، کەس ناتوانێ وەکوو خودا کەس بخاتە کۆت‌و زنجیرەوەو . ئەوەی شیاوی بن پێی ئەگەن‌و ، ئەو سزای حەقیانە ئەدرێ بەسەریانا .

(يا اَيَّتُها النَّفْسُ المُطْمَئِنَّةُ ! (٢٧) ارْجِعِي اِلى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً (٢٨) فَادْخُلِي فِي عِبَادِي (٢٩) وَادْخُلِي جَنَّتِي) (٣٠)

وە خودای تەعالا ، یا فریشتەی فەرمانبەر بە زمانی خۆیانو ئیجازەی خودا ئەڵێن : ئەی نەفسە دامەزراوەکان کە دامەزراون بـە یادی خودای تەعالا ! بگەڕێرەوە بۆ لای خودا بە حاڵێ کە تۆ لە خودای خۆت رازیت ، ئەوەندە پایەو مایەت پێ ئەدا ، وە خودایش لێت رازییە • دەی بڕۆرە ریزی بەندە تایبەتییەکانی منەوەو بڕۆ بۆ ناو بەهەشـــــتی ئامادەکراو بۆ خاوەن طاعەتەکان •

ئەمەیە موژدەی پـیرۆزی ئەنجام
نامە وەرئەگـریٚ بۆ (دار السلام)
(نامی) وەهایە ئومێدی بە حـەق
بگـا بـە جەزای ئیمانو ئیســلام

سوورەتی (بەلەد) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، بیســت ئایەتە، دوای سوورەتی (ق)هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(لا اُقْسِمُ بِهذا البَلَدِ ! (١) وَاَنْتَ حِلٌّ بهذا البَلَدِ ! (٢) ووَالِدٍ وما وَلَدَ ! (٣) لَقَدْ خَلَقْنا الإنْسانَ فِي كَبَــدٍ (٤) اَيَحْسَبُ اَنْ لَنْ يَقْدِرَ عَلَيْهِ اَحَدٌ ؟ (٥) يَقُولُ : اَهْلَكْتُ مالاً لُبَداً (٦) اَيَحْسَبُ اَنْ لَمْ يَرَهُ اَحَدٌ ؟) (٧)

سوێند ئەخۆم بەم شارە کە مەکەیە لە کاتێکدا تۆ وای لەم شــارەدا لەبەر پایەی تۆ ! وە سوێند ئەخۆم بە باوکی خاوەن پایەت کــە ئیبراهیمی خەلیلە ، ئەو ئیبراهیمە کە خۆیو ئیسماعیلی کوڕیو نیشتمانی خۆی کرد بە قوربانی بڵاوکردنەوەی وتارو کرداری حەق کە (لا اله الا الله)و دادگەری بوو لە دنیادا ! وە سوێند ئەخۆم بەو کوڕەی کە محەمەدە ــ د ــ کە لەسەر سیرەتی ئەو باوکە بەرزە ژیانی خۆی لە ڕێگەی خودابەیەکناسیو دامەزراندنی دادگەریدا صەرفکرد ! سوێند بەوانە ئەخۆم ئێمە ئینسانمان ، بە شــێوەی گشتی ، لەناو زەحمەتو ئازارا دروستکردوە . لە تاریکستانی منداڵدان لە تاریکستانی سکی دایکیانا . وە بە شێوەی تایبەتی ئادەمیزادی پاكنیهادی خاوەن ئینصافو دادمان دروستکردوە لە ناو ئازاری بەرگری دوژمنانو هەڵگرتنی باری ئیدارەی پەیڕەوانو ، وازهێنان لە ئــارەزووی نەفسی بۆ پێکهاتنی غایاتی پیرۆز ، وەکوو دەرکردنی وتوویرەی بێسوودی شەیتانەکانی

ئینسانو جین لەناو دلاّناو ، نوورانیکردنی دڵی بەختیاران بە نووری ئیمانو ئەخلاقی سەربەرزیو دوورکەوتنەوە لە رەفتاری بەدکاران .

وە تۆیش ئەی رەهبەری پاکڕەوشت تۆیش یەکێکی لە مـەردانی جیهانو پێویستە هەمیشە لەو ئازارەدا بی تا لە پاشەڕۆژدا لە گوڵزارا بی ، نەخسوس لە خۆگرتنا بی لە دوژمنایەتی دوژمنەکانت ، وەکوو (ابوالاشد) لە هۆزی (بنی جمح) کە زۆر بەهێز بوو ، وە لەســەر چەرمی دەباخـدراو رائەوەستاو دە کەس ئەو چەرمەیان لـە هـەموو لایەکـەوە رائەکێشاو چەرمەکەیان لە ژێر پێیدا ئەبچڕاندو ئەو لە شوێنی خۆیدا نەدەجوولاّ ! جا ئەو کابرایە دوژمنایەتی حەزرەتی زۆر ئەکردو ، خودا ئەم ئایەتەی دەربارەی ئەو ناردەخوارەوە • (ایحسب ان لن یقدر علیه احد) واتە : ئەو زەلامە وا گومان ئەبا کەس دەستی بەسەریا ناڕوا تا تۆڵەی هەموو بێشەرمییەکی لێبکاتەوە ؟ بە دەمارەوە ئەڵێ : من ماڵو داراییەکی زۆرم لە ناو هۆزەکەی خۆمدا خەرجکردوە • ئایا وا گومان ئەبا کە کەس چاوی لێی نەبوەو ئاگای لێی نیە کە ئەو ماڵەی لە رێگەی مەبەستی پووچو بێسووددا خەرج کردوە ؟ بەڵکوو لە رێگەی گومڕاکردنی ئادەمیزادی زەمانی خۆیدا تا ئیمـان بـە پێغەمەری خودا نەیەنن ؟

(اَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ ؟ (٨) ولِساناً وشَفَتَيْنِ ؟ (٩) وهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ ؟) (١٠)

ئایا ئـەم ئادەمیـزادە کـە خۆی ئەنوێنێ بەوەی ماڵو دارایی خۆی خەرجکردوە ئەم داراییەی لە کوێ بوە ؟ ئایا ئێمە دوو چاومان پێ نەداوە هەتا بتوانێ بە دنیادا بڕوانێو دارایی پێپەیدا بکا ؟ یاخود دارایی پێشینانی خۆی پێ بپارێزێو تەماشای باقی واجباتی خۆی بکا ؟ وە ئایا ئێمە زمانمان

پێ نه‌داوه هه‌تا بتوانێ قسه بکاو ئه‌وه‌ی وا له دڵیا به خه‌ڵکیا رابگه‌یه‌نێو ، قسه‌و باس له‌گه‌ڵ به‌رانبه‌ری خۆیدا بکا هه‌تا حه‌ق ده‌ربکه‌وێ ؟ ئایا دوو لێوی رێکمان پێ نه‌داوه هه‌تا جوانی روخساری بپارێزێو وتووێژی به باشی بۆ بکرێ ؟ وه ئایا ئێمه شاره‌زامان نه‌کردوه بۆ دوو مه‌مکه‌ی دایکی هه‌تا بیانمژێ ؟ یاخود شاره‌زامان نه‌کردوه بۆ دوو رێگه‌ی چاکه‌و خراپه ؟

واته : ئه‌گه‌ر ئێمه ئه‌م ئه‌ندامانه‌مان پێ نه‌دایێ ، وه یا دڵی خـاوه‌ن هه‌ستسان بۆ دروست‌نه‌کردایێ ئه‌و چۆن ئه‌گه‌یشت به‌و پایه‌و مایه ؟ وه چۆن ئه‌یتوانی دارایی خه‌رج بکا ؟ وه بێجگه له‌وه ئه‌وانه‌م بۆ ئه‌وه پێ‌نه‌داوه که دوژمنایه‌تی له‌گه‌ڵ دینی مندا بکاو ، پێغه‌مه‌ری من زویرو دڵگران بکا • وه زیاد له‌مانه‌یش ئه‌و خێره من پێم خۆش بێ ئه‌و نه‌یکردوه •

(فَلا اقْتَحَمَ العَقَبَةَ (١١) وما أدْرَاكَ ما العَقَبَةُ ؟ (١٢) فَكُّ رَقَبَةٍ (١٣) أوْ إطْعامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ (١٤) يَتِيماً ذا مَقْرَبَةٍ (١٥) أو مِسْكِيناً ذا مَتْرَبَةٍ (١٦) ثُمَّ كانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وتَواصَوْا بِالصَّبْرِ وتَوَاصَوْا بِالمَرْحَمَةِ (١٧) اولائِكَ أصْحابُ المَيْمَنَةِ (١٨) والَّذِينَ كَفَرُوا بآيَاتِنا هُمْ أصْحابُ المَشْأمَةِ (١٩) عَلَيْهِمْ نَارٌ مُؤْصَدَةٌ) (٢٠)

پاش ئه‌و هه‌موو هێزی ئه‌ندامه که پێمداوه هه‌رگیز خۆی نه‌خسته ناو کارێکی به‌نرخی واوه خودا پێی خۆش بێ ، تۆ چووزانی ئه‌و کاره‌به‌نرخه چیه ؟ : ئه‌و کاره بریتییه له به‌ره‌ڵاکردنی گه‌ردنی ئاده‌میزادێ که له زنجیری به‌نده‌ییدا بێ ، یا خوارده‌مه‌نی‌دان له رۆژی خاوه‌ن زه‌حمه‌تی برسێتیدا بـه هه‌تیوێ که خزم‌و نزیکی خۆی بێ ، یا به گه‌دایێ زۆر داماوو ده‌س‌له‌گلا بێ،

وە پاش ئەمانە خۆیشی لەوانە بێ کە باوەڕی بە خوداو پێغەمەری خودا بێ؛ چونکی بە بێ ئەو باوەڕە کردەوە بێ سوودە • وە لەوانە بێ کە ئامۆژگاری ئادەمیزاد بکا لەسەر خۆگرتن و بەرهەڵستیکردنی شەڕو خراپەو ، خۆگرتن لەسەر دەسبەرداربوونی حەرام و کردنی پێویستیەکانی سەرشانی • وە ئامۆژگاری بکا بە رەحمەت و میهرەبانی کردن لەگەڵ موستەحەقانا •• ئەو کەسانەی ئەمە پیشەو رەفتاریان بێ ئادەمیزادگەلێکی خاوەن پیرۆزین ، یا کەسانێکن کە نامەی کردەوەیان ئەدرێ بە دەستی راستیانەوە •

وە ئەو کەسانە کە کافر بوون و ئینکاری ئایەتەکانی من ئەکەن ئەوانە کەسانێکن خاوەنی شوومی و نەگبەتین ، یاخود نامەی کردەوەیان ئەدرێ بە دەستی چەپیانەوە • ئەوانە وان لە ئاگرێکی دەرگاداخراوداو دەرگایان لەسەر داخراوە • پەنا بە خودا !

سوورەتی شەمس ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، پازدە ئایەتە ، دوای سوورەتی قەدر هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والشَّمْسِ وضُحَاهَا ! (١) والقَمَرِ اذا تَلاهَا ! (٢) والنَّهَارِ اِذا جَلاّهَا (٣) واللَّيْلِ اِذَا يَغْشَاهَا ! (٤) والسَّمَاءِ ومَا بَنَاهَا ! (٥) والأَرْضِ ومَا طَحَاهَا ! (٦) ونَفْسٍ ومَا سَوَّاهَا! (٧) فَأَلْهَمَها فُجُورَهَا وتَقْوَاهَا ! (٨) قَدْ اَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا (٩) وقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا) (١٠)

سوێند بەو رۆژەو بە رووناکیو پڕتەوی جیهانگیری ! وە سوێند بە مانگ کاتێ لە دەرکەوتندا بە دوای رۆژا دێ ، کاتێ ئەو ئاوا ئەبێ ئەمیش دەرئەکەوێ وە شەوو رۆژ هەموو رووناك ئەبن ! وە سوێند بە کاتێ رۆژ لەو کاتانەدا بە هەوای سافو بێگەرد پڕتەوی رۆژ بە تەواوی دەرئەخا ! وە سوێند بە کاتی شەو کە بە تاریکی خۆی رۆژ دائەپۆشێ ! وە سوێند بە ئاسمانو بینای ئاسمان ! یا بەو کەسە کە دروستی کردوەو حەقیقەتی نازانرێ! سوێند بە زەوی بەراکشانەکەی ! یا بەو کەسە کە لە شوێنی خۆیدا رایکێشاوەو بە هێزو توانای خۆی بە هۆی (جاذبە)وە رایگرتوە ! وە سوێند بە نەفسی ئینسانیو بەو کەسە کە رێکیخستوە بۆ صیفاتی زاتیەی خۆیو بۆ (استعدادات)ی جۆراو جۆرو ، تێیگەیاندوە لە لادانی لە رێگەی راستو رۆیشتنی بەسەر رێگەی راستا ؛ چونکە هەموو ئادەمیزادێ لەسەر

یاسای تێگەیشتن بە عەقڵی خۆی چاكو خراپ لەیەك جیائەكاتەوەو پاش ئەو تێگەیاندنە (فطریە) بە هۆی ناردنی پێغەمەرەوە ــ د ــ بە ساغیو ڕووناكی خێرو شەڕو بەشو جۆرەكانیانی بەیانكردووە ، توانای ئامادەیی بۆ كردنی هەردوو لایانی پێداوە • جا دوای ئەمە ئەگەر ئەو ئادەمیزادە هێزو توانای خۆی بۆ پاككردنەوەی نەفسی خۆی بەكار هێناو ، كردەوەی چاكەی كرد ئەوە سەرفەرازو سەركەوتووە • وە ئەگەر هێزو تواناكەی خۆی بۆ پیرۆزیو كاری چاكە بەكار نەهێنا ئەوە بە تاوان گیرۆدەیە • جا ئەو كەسە كە نەفسی خۆی پاككردەوە ئەوە لە ئازارو بێزار رزگار ئەبێ ، وە ئەو كەســـەیش كە نەفسی خۆی بە خراپەو هەواو ئارەزووی بەد ••• پڕكاتەوە ئەوە بێبەشو نائومێدو دوور لە خێرو خۆشییەو ، ئازارو سزا بەشیەتی •

خوا بۆ خاتـــری كەرەمی زاتت
بە فەیضی جیلوەی قودسی صیفاتت
وەكوو ئەو نەفسە پێت دا ئیستیعداد
تەنویـری بكـە بە نووری ئیرشـــاد
ئیلهامی بكـە بە فەیضی قودســـی
هەتا رزگاربێ لە شـــوومی نەفسی
چاوبكاتەوە بـەرەو حەســەنات
بەشێ وەربگرێ لـە رەحمـەتی زات

(كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا (١١) إِذِ انْبَعَثَ أَشْقَاهَا (١٢) فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللهِ : نَاقَةَ اللهِ وسُقْيَاهَا ! (١٣) فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُمْ بِذَنْبِهِمْ فَسَوَّاهَا (١٤) ولا يَخَافُ عُقْبَاهَا) (١٥)

هۆزی ثەموود حەزرەتی صالحیان بە درۆزن داناو باوەڕیان پێنەكرد

له‌به‌ر بایی‌بوونو لادانی خۆیان له‌حه‌ق ، له‌و کاته‌دا که خراپترین پیاوی ئه‌و گه‌له که (قداری‌کوڕی سالف)بوو له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێ له‌وانه‌دا که هاوبیری بوون راسته‌وه‌بوونو، ده‌مار گرتی نیازی کوشتنی وشـــتره‌که‌ی حه‌زره‌تی صالحی کرد . کاتێ که نیشانه‌ی ده‌سوه‌شاندنیان ده‌رکه‌وت ئه‌و پێغه‌مه‌ره که خودا بۆی ناردبوون ــ که حه‌زره‌تی صالح بوو ــ ترساندنیو وتی : خۆتان بپارێزن له ده‌ست‌بردن بۆ ئه‌و وشتره‌و بۆ به‌شه ئاوه‌که‌ی ! ئه‌وانیش به دروزنیان داناو گوێیان به ئامۆژگارییه‌که‌ی نه‌داو ، وشتره‌که‌یان په‌ی‌کرد! جا خودا سزایه‌کی گشتی دا به‌سه‌ریانا به هۆی ئه‌و تاوانه‌وه کــه ئه‌وان کردیــان ، وه ئــه‌و ســزای رێخست به فه‌رمانــدان بــه جوبره‌ئیل بۆ ژێراوژوورکردنی ولاته‌که‌یان ، وه هه‌رگیز خودا ناترسێو گوێی له ئه‌نجامی ئه‌و کاره نیه که پێی‌کردن . ئه‌م جومله وه‌کوو گاڵتــه وایه بــه‌و گه‌له . ئه‌فه‌رموێت : سزادانه‌که‌یانم پشت‌گوێ‌نه‌خستو سزام‌دانو لێیشـــــیان نه‌ترسام !

له عه‌بدوڵلای کوڕی (رفعه)وه ده‌گێڕنه‌وه ــ خ ــ لــه حــه‌زره‌تی بیستوه : کاتێ خوتبه‌ی ئه‌خوێنده‌وه فه‌رمووی له ته‌فســیری (اذا انبعث اشقاها)دا پیاوێکی به ده‌سته‌لاتی به‌هێزی خــاوه‌ن نرخو رێــز له‌گه‌له‌که‌یا وه‌کوو (ابو رفعه) رۆیشت ئه‌و وشتره‌ی په‌ی کرد .

سووره‌تی (له‌یل) ، له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، بیست‌ویه‌ك ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (اعلی) هاتوه‌ته خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(واللَّيْلِ إِذَا يَغْشى ! (١) والنَّهارِ إِذَا تَجَلّى ! (٢) ومَا خَلَقَ الذَّكَرَ والأُنْثى ! (٣) إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتّى (٤) فَأَمَّا مَنْ أَعْطى واتَّقى (٥) وصَدَّقَ بِالْحُسْنى (٦) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرى(٧) وأَمَّا مَنْ بَخِلَ واسْتَغْنى (٨)وكَذَّبَ بِالحُسْنى(٩) فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرى(١٠)وما يُغْنِي عَنْهُ مالُهُ إِذَا تَرَدّى) (١١)

سوێند به تاریکی شه‌و کاتێ رۆژی رووناك دائه‌گرێ ! وه سوێند به رۆژی رووناك کاتێ پرته‌وی ده‌رکه‌وت ! وه به‌وه‌ی دروستی‌کردوه له نێرو مێ ! وه یا به هێزی ئیجادی نێرو مێ ! سوێند به‌مانه بێگومان سه‌عی‌و تێکۆشینی ئێوه جیاجیایه‌و چه‌ن جۆره . جا هه‌رکه‌سێ ماڵی خۆی له رێگه‌ی خودادا بدا ، یا زه‌کاتی ماڵی خۆی بدا به پێشیاوانی‌و ، خۆی له تاوانباری بپارێزێ‌و ، باوه‌ڕ بکا به پایه‌ی به‌رزو صیفه‌تی زۆر جوان که گه‌یشتنه به به‌هه‌شت‌و ره‌زای خودا .. ئه‌وه ئێمه ئاماده‌ی ئه‌که‌ین بۆ پله‌ی زۆر باش که چوونه بۆ به‌هه‌شت .

به‌ڵام ئه‌و که‌سه که رژدو بێ‌وه‌فا بێ به‌رابه‌ر به‌وه که خودا ئه‌مری پێ‌کردوه‌و خۆی بێ‌نیاز بزانێ له خوداو باوه‌ڕ نه‌کا به پله‌ی باش .. ئه‌وه

ئێمەیش ئامادەی ئەکەین بۆ ئەنجامی خراپو ، کاتێکیش کە تیاچوو ماڵو دارایییەکەی هیچی بۆ ناکاو بەکاری نایێ •

(إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَى (١٢) وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالأُولَى (١٣) فَأَنذَرْتُكُمْ ناراً تَلَظَّى (١٤) لا يَصْلاها إِلاَّ الأَشْقَى (١٥) الَّذِي كَذَّبَ وتَوَلَّى (١٦) وسَيُجَنَّبُها الأَتْقَى (١٧) الَّذي يُؤْتِي مالَهُ يَتَزَكَّى (١٨) ومَا لِأَحَدٍ عِنْدَهُ مِنْ نِعْمَةٍ تُجْزَى (١٩) إِلاَّ ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الأَعْلَى (٢٠) ولَسَوْفَ يَرْضَى) (٢١)

بە راســتی ئێمــە بە پێی حیکمەتی خۆمــان لەسەرمانە ڕێنومایی ئادەمیزادو پەریی بکەین بۆ پیرۆزیو بەختیاریی ، وە بێگومان دنیاو قیامەت بۆ ئێمەیەو لە فەرمانی ئێمەدایە ، دەی ئەتانترسێنم بــە ئاگــرێ کــە بڵێسە ئەبەستێو ناچێتە ئەو ئاگرەوە کەسێکی زۆر شەقاوەتباری وەها نەبێ کــە باوەڕ بە خوداو پێغەمەری خودا ناکاو بە درۆیان ئەزانێو پشت لە فەرمانی حەق هەڵئەکا • وە لەمەولا لەو ئاگرە دوورئەخرێتەوە ئەو کەسە کە زۆر لە خودا ئەترسێو خۆی لە تاوان ئەپارێزێو ماڵی خۆی لە ڕێگەی خودادا ئەدا بە خەڵکو ، ئەیەوێ پاك بێ لە چڵکی باوەشکردن بە ماڵیحەراما • وە بۆ کەس نیە لەسەر ئەو نیعمەتێ هەتا جەزای بدرێتەوە ، بەڵکوو هەر لەبــــەر خوداو بە هیوای گەیشتن بە پاداشی خوداو لەبەر رەزامەندی خودای خۆی ئەو کارە ئەکا • وە لەمەولا کاتێ ئەگات بە خزمەتی خودا ، لە خودا رازی ئەبێو بەشو بارەیەکی باشی دەست دەکەوێ •

بزانن ! ئایەتی (لا یصلاها)بە گوێرەی ظاهیرەکەی هــەر بۆ کافران ئەبێو ، ئایەتی (سیجنبها الاتقی)یش بە ظاهیر هەر بۆ ئینسانە بەرزەکان

ئەبێ • کە وابێ ئینسانی مامناوەندی بێجێگە ئەمێنێتەوە ! وەلامی ئەم گومانە ئەمەیە : مەبەست لە ئایەتی یەکەم چوونەناودۆزەخی هەمیشەییە ، واتە هەتا هەتایە ئەوە جێگەی ئـەبێ • وە دوورکەوتنەوەی ئایـــەتی دواییش بۆ دوورکەوتنەوەیەکی وایە کە خاوەنەکەی زۆر بەرێز بێ • کە وابێ دروستە مام ناوەندی بڕۆنە دۆزەخ ، بەلام نەك بە دەوام بەلکو بـە ئەنـــدازەی تاوانەکەیان •

سوورەتی (ضحی) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، یازدەئایەتە ، دوای سوورەتی (حجر) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والضُحی ! (١) واللَّيْلِ اِذَا سَجی ! (٢) ما وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلی (٣) ولَلآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الاُولی (٤) ولَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضی) (٥)

لە جوندوبی کوڕی سوفیانەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ ئەڵێ : حەزرەت ــ د ــ تۆزێ ناڕەحەت بوو ، دوو شەو یاسێ شەو نەهاتە دەرەوە ، لەو کاتەدا ژنێ هات بۆ لای حەزرەت پێیوت : هیوام وایە شەیتانەکەت بەجێیهێشتبیو ئیتر وازت لێبێنێ ! لەم دوو سێ رۆژەدا نایبینم بێ بۆ لات! جا ئەم ئایەتانە (والضحی واللیل ...) هاتنەخوارەوە .

وە دووبارە لە جوندوبەوە دەگێڕنەوە ئەڵێ : لەگەڵ حەزرەتدا بووم لە ئەشکەوتێکدا ، لەوێدا پەنجەیەکی خوێناوی بوو ، جا حەزرەت ــ د ــ فەرمووی :

هـل انت الا اصبـع دميت ؟
وفي سـبيل الله مـا لقيت ؟

واتە : تۆ هەر پەنجەیەك نیت خوێناوی بوویت ؟ ئەوەی تووشت بوە لە رێگەی خودادایە ؟ ئەڵێ : ماوەیێ پاش ئەوە جوبرەئیل نەهات بۆ خزمەتی حەزرەت ــ د ــ و کافرەکان وتیان : (قد ودع محمد)واتە : خودا وازی لە

محەمەد هێناوە • جا خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە : (ما ودعك ربــك وما قلی) •

واتە : سوێند بە کاتی چێشتەنگاو ! کە کاتی (اعتدال)ی رۆژەو کاتی پاکیو جوانی پڕتەویەتی • وە ســوێند بە کاتی شــەو ! کە خەڵــکەکەی ئارامبوون ، وە یا تاریکی جێگەی خۆی گرت •• خودای تۆ وازی لە تۆ نەهێناوەو لێت زیز نەبوەو قاری لێنەگرتووی • وە پاشەڕۆژت لە ئیستەت باشتر ئەبێ ؛ چونکی ئەو نەبڕاوەیەو ئەم ئەبڕێتەوە • وە ئەو کاتی مانەوەیە لەگەڵ وەرگرتنی پاداشو نیعمەتا بە بێ ئازاری لەش یا ماندووبوونی دڵ • وە یاخود کاتی ئەمەولات ــ لە دنیادا ــ لە رابوردووت باشتر ئەبێ ؛ چونکی رۆژ بەڕۆژ بەرەوبەرزیو بڵاوبوونەوەی دینەکەت ئەڕۆیتو ، لەمەولا خودا لە بەشو پایەو گەلو سەرکەوتنو زاڵبوون بەسەر دوژمنانا •••. ئەوەندەت ئەداتێ کە لە خودای خۆت رازی بی •

لە صەحیحی موسلیمدا لە عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە دەگێڕێتەوە : کە حەزرەت ــ د ــ ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە خودا لە باسی ئیبراهیمدا فەرموویەتی : (فمن تبعنی فانه منی ، ومن عصانی فإنك غفور رحیم) • وە فەرموودەی عیسا کە فەرموویەتی : (ان تعــــذبهم فــانهم عبادك •••) جا حەزرەت ــ د ــ هەردوو دەستی بەرزکردەوەو فەرمووی : (اللهم امتی ! امتی !) خودایا گەلەکەم ! گەلەکەم ! دوایی گریا • جا خودا فەرمووی بە جوبرەئیل : بڕۆ بۆ لای محەمەد ــ خودای تۆ باشتر ئــــەو ئەناسێ ــ لێیبپرسە : بۆچی ئەگریت ؟ ئەویش هات بۆ خزمەتیو عەرزیکرد، ئەمیش فەرمووی : سزای گەلەکەم • جــا جوبرەئیل رۆیشتەوە عــەرزی خودای کرد • خودا فەرمووی : بڕۆ پێیبڵێ : ئێمە لە بارەی گەلەکەتەوە رازیت ئەکەینو دڵت زویر ناکەین •

وە لە حەدیثا هەیە : کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە حەزرەت فەرمووی:
وەڵڵاهی کە وابێ رازی نابم یەك کەس لە گەلەکەم لە ئاگردا بێ •

پەنـا بـەو خودا عەطای وەهایـــە
بـاعیثی رەزای رەســوولەڵڵایە
خودا بۆ خاطـر عەطای ئەحمەدی
پێمـان کـەرەم کە عەفوی ئەبـەدی

(اَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيماً فَآوى ؟ (٦) وَوَجَدَكَ ضَالاًّ فَهَدى ؟(٧)
ووَجَدَكَ عائِلاً فَأَغْنى ؟ (٨) فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلا تَقْهَرْ (٩) وأَمَّا
السَّائِلَ فَلا تَنْهَرْ (١٠) وأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ) (١١)

واتە : چۆن خودا واز لە تۆ دێنێو لێت زویر ئەبێ ؟ ئەو لە سەرەتای ژیانتەوە تا ئیستە چاودێریت ئەکاو بەرزت ئەکاتەوە ، ئایا تۆی نەدی بـە هەتیوی بێباوكو جێگەی پێدای لە خانەدانی (عبدالمطلب) داو بە کەرامەت ژیای ؟ تۆی نەدی بە ناشارەزایی رێگەی نوبووەتو پەیامو رێنومایی گشتی؟ بەلکوو بێ ئاگاو بێ هەواڵ بووی لە وەزعی خوداپەرستی لە پاشان شارەزای کردی بۆ ئایینی بەرزی ئیسلامو کردتی بە ســـەرچاوەی چاوکرانەوەو جڵەوکێشی سوپای ئادەمیزاد بۆ سەر دوژمنانی هەستو هۆشو رەوشتو خووی بەختیاری ؟ وە تۆی دەستکەوت بە گەداو بێماڵو ، دارایی رژاند بەسەرتاو بێنیازی کردی لە جیهان ؟ جا کە تۆ خۆت ئێشو ئازاری دەردی هەتیویت دیوەو ، ئەزانی ناشارەزاییو نەدارایی چەند سەختن کە هەتیوێکت دی قاری لێمەگرەو ، بە میهرەبانی بیلاوێنەو ، پێیبگەیەنەو ، داخوازێکی نانو ئاوو ماڵو حاڵت دی سەرزەنشتی مەکەو ، بە گوێرەی توانا یارمـەتی بدە ، وە مادام ئەو هەموو نیعمەتی ماڵو حاڵو عیزەتو حیکمەتی دەروونیو

پیرۆزی پەیامەی ••• پێداوی باسی نیعمەتەکانی خودا بەسەر خۆتەوە بکەو دان بە پێویستی راگرتنو چاودێری حوقووقو تەمێکردنی خاوەن نیعمەتانا بنێو ، سوپاسی خودا بکە ، با هەموو لایێ روو بکەنە نیعمەتدەری حەقیقی کە خودایە •

سوورەتی (شەرح) ، لە سوورەتە مەككییەكانە ، هەشت ئایەتە ، دوای سوورەتی (ضحی) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ؟! (١) وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ (٢) الَّذِي اَنْقَضَ ظَهْرَكَ ؟ (٣) وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ؟(٤) فَإِنَّ مَعَ العُسْرِ يُسْراً (٥) اِنَّ مَعَ العُسْرِ يُسْراً (٦) فَإِذَا فَرَغْتَ فَانْصَبْ (٧) وَاِلى رَبِّكَ فَارْغَبْ) (٨)

سەرەتای ئەم سوورەتە بە (استفهامی انكاری)هاتوەو ئەرواتە مانای تەقریرو دامەزراندنی (مدخولی) حەرفە نەفیەكە •

واتە : ئێمە شەرحی سنگی تۆمان كردو ، سینەمان گوشاد كردیەوە بە : نووری پێغەمەرێتیو ، پەیامو ، زانستو ، حیكمەتو ، خوو رەوشتی مەردی بە هیمەتو ، هاوڕێی بەغیرەت ، وە ئەو بارە قورسەمان لە سەر شانت لابردو ئەو زەحمەتەمان لەسەر پشت هەڵگرتی كە پشتی هێنابوە دەنگ •

وە لە واقیعدا مەبەست لە (وزر) لەم ئایەتەدا ئەو زەحمەتو دڵتەنگییەیە كە لە سەرەتای پێغەمەریەتییەوە بەسەریا هات ، كە بریتی بوو لە بانگكردنی ئادەمیزادی دەوروبەری خۆی بۆ ئایینی ئیسلام ، كە ئەم كارە ماوەیەكی زۆر لە پەنامەكیو ژێر پەردەو ترسو ناخۆشیدا بوو ، لە لایەنی كافرانەوە سزا

ئەدران و ئازاریان ئەچەشت ، هەتا حەزرەت ـ د ـ ناچار بوو کــە دووجــار موسوڵمانەکان کۆچ پێ بکاو بیاننێرێ بۆ وڵاتی حەبەشستان خۆی و کەمێ لە یارانی نەبێ ••• چونکە ئەم سوورەتە لە سوورەتە دواییەکانی مەکەیە • ئەگەرنا عادەتەکانی زەمانی جاهیلییەت و نەفامی عادەتی زەمانیفەترەت بوون و لەو زەمانانەدا تەکلیف نەبوو • وە حەزرەت ـ د ـ لە سەردەمی فەترەتیشدا لە ئادابی نەفامی دوور بوەو ، لەسەر پاکی و دڵرووناکی و رەوشتی مەردانــە ژیاوە • وەکوو کتێبەکانی مێژوو سیرەت شایەتی لەسەر ئەمانە ئەدەن و ، پێغەمەر ـ د ـ پێش پەیامیش بە ئەمین و راستگۆ ناسراوە •

واتە : بە میهرەبانی خۆمان دڵتمان رووناك کردەوەو ، تــەوەکول و هێزی دەروونیمان پێدایی و ، ئەو باری قورسی دەعوەت و بانگکردنە کــە پشتی ئازار ئەدای لەسەرمان لابردی ، وە ناوو شۆرەت و پایەو شــــانمان بەرزکردیتەوە ، لە دوو وشەی ئیسلامییەتدا ناوت کــەوتە پاڵ ناوی خودا (اشهد ان لا اله الا الله ، واشهد ان محمدا رسول الله) ، وە لە دنیای حیجازاو لە وڵاتی (جزیرة العرب)دا ناو هەر ناوی تۆ بوو ، وە باس هەر باسی تۆ بوو •

بە راستی لەگەڵ تەنگی گوشادی و ، لەگەڵ زەحمــەتدا رەحمەت و ، لەگەڵ گەداییدا دارایی و ، لەگەڵ سەرکزیدا سەربەرزیی هەیە • دووبارەی ئەکەمەوە بۆت هەتا دڵت ئەستوور بێ : لەگەڵ صەبرو خۆگرتندا شادمانی هەیەو ئەمە یاسای خودایە لە جیهاندا ، بە زۆری ئەم یاسا ئەڕوا بە رێدا ، ئەگەر بۆ بازێ کەس وا نەبێ ئەڵبەتە بۆ ئەوانەیە کە لەسەر ئەساسی نامەردی و تاوانباری خۆیان خودا فەرمانی داوە کە تۆماریان بپێچێتەوەو ناویان لەسەر پەڕەی وجوود بکووژێنێتەوە • (ان الله لا یغــیر مــا بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) •

وه ئه‌وانه که ئه‌یانه‌وێ مێژوو بگۆڕن له تاریکی نه‌زانین‌و سته‌مکاری‌و نامه‌ردی‌و نه‌فامییه‌وه ... بۆ باری زانیاری‌و دادگه‌ری‌و پیاوه‌تی هه‌ر زاڵ ئه‌بن‌و له ته‌نگانه ده‌رئه‌چن بۆ خۆشی .

جا کاتێ له ئازاری راگه‌یاندنی په‌یام رزگار بوویت‌و فه‌رمانی خودات گه‌یاند ئیتر مه‌یل بکه بۆ لای به‌نده‌یی‌کردنی تایبه‌تی خۆت‌و رووناککردنه‌وه‌ی ده‌روون.به ئه‌نواری قودسی ، وه مه‌یل بکه بۆ لای پاڕانه‌وه‌ی په‌نامه‌کی له خودای خۆت که ئه‌وه له سه‌رووی هه‌موو ئاواتێکه‌وه‌یه‌و پاڵفته‌ی هه‌موو که‌رامه‌تێکه .

سووره‌تی (تین) له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، هه‌شت ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی بورووج هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والتِّينِ ! والزَّيْتُونِ ! (١) وطُورِ سِينِينَ ! (٢) وهذا البَلَدِ الأَمِينِ ! (٣) لَقَدْ خَلَقْنَا الإنْسانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ (٤) ثُمَّ رَدَدْنَاهُ اسْفَلَ سافِلِينَ (٥) الا الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ اَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (٦) فَما يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّين ؟ (٧) اَلَيْسَ اللهُ بِأَحْكَمِ الحَاكِمِينَ ؟) (٨)

له‌پێش زانینی ته‌فسیری ئایه‌ته‌کاندا بزانن !

ته‌قویم : له زمانی عه‌ره‌بدا راستکردنه‌وه‌ی شته‌و ، له عورفی عامه‌دا بریتییه له سه‌رو سیماو شێوه‌ی دیمه‌نی . له عورفی خاصیشدا به‌و شته ده‌ڵێن : که نه‌وعێ له نه‌وعێ جیائه‌کاته‌وه ؛ وه‌کوو (ناطق) که ئینسان له گیانله‌به‌رانی دیکه جیاده‌کاته‌وه .

وه (تین) و (زیتون) وه‌کوو بۆ ئه‌و دوو به‌ری میوه‌ی ناسراوه به‌کار ده‌برێن .. ناویشن بۆ دوو شوێنی تر له وڵاتی شامدا به مه‌عنای گشتی . ئیمامی رازی فه‌رموویه‌تی : ئیبن‌و عه‌بباس فه‌رموویه‌تی : ئه‌وانه دوو کێون له خاکی پیرۆزدا ، به سوره‌یانی پێیان ده‌وترێ : (طورتینا)و (طورزیتا)؛ چونکه شوێنی رووواندن‌و سه‌وزبوونی ئه‌و دوو جۆره میوه‌ن.وه‌ك ئه‌وه وایه

خودا فه‌رمووییتی : سویند ئه‌خۆم به شوێن‌و جێگای پێغه‌مه‌ران ؛ کێــوی (تین) تایبه‌تی حه‌زره‌تی عیسایه ــ د ــ و ، (زه‌یتوون) جێگای زۆربه‌ی پێغه‌مه‌رانی به‌نی ئیسرائیله له خاکی شام‌و ، طور جێگه‌ی حه‌زره‌تی مووسایه ــ د ــ و (البلد الامين) شوێنی پێغه‌مه‌ری ئێمه محه‌مه‌ده ــ د ــ • که وابێ مه‌به‌ست له‌م سوێندانه ڕێزبۆدانـــان‌و به‌گه‌وره‌گرتنی پێغـــه‌مه‌ران‌و بڵندکردنه‌وه‌ی پایه‌یانه •

جا دوای ئه‌م پێشه‌کییه ئه‌ڵێین : خودا ســوێند ئه‌خواو ئه‌فه‌رموێ : سوێند به‌و کێوی (طورتینا) که جێگــه‌ی له دایکبوونی عیسای کوڕی مه‌ریه‌مه ــ د ــ به بێ په‌یوه‌ندی باوك ! سوێند به (طورزیتا) که جێگه‌ی له‌دایکبوون‌و په‌یدابوونی کۆمه‌ڵێکه له ره‌هبه‌رانی دین ! وه ســوێند بــه (طورسینا) که جێگه‌ی به‌پێغه‌مه‌ربوونی مووسای کوڕی عیمرانه ــ د ــ ! وه سوێند به‌م شاری مه‌که که خودا ئه‌مینی کردوه‌ته‌وه‌و به دووری گرتوه له داگرتنی سته‌مکاران ! واته : سوێند به خۆم که ئه‌و زاتانه‌م له‌م شوێنانه‌دا دروست‌کردوه‌و کردوومن به چرای ڕووناکی له بۆ جیهان ! ئێمه ئاده‌میزادمان له جوانترین شێوه‌ی گیانله‌به‌راندا دروست‌کردوه • وه یا له‌گه‌ڵ جوانترینی (فه‌صلی مقوم) و (ذاتیه‌ی ممیزه‌ی نه‌وعدا) که نه‌فسی خــاوه‌ن هۆش‌و هه‌ست‌و هۆشیاره •• دروستمان کردوه‌و تواناو هێزمان پێداوه بۆ لایه‌نه‌کانی خێرو شه‌ڕ ، بۆیه کردوومن به جێگری خۆم له زه‌ویدا ، له پاشا به هۆی خراپی کردارو که‌وتنه‌دوای بیرو باوه‌ڕی نابارو پیشــه‌ی ناهــه‌مواره‌وه هه‌موویانم له به‌رزی به‌ختیارییه‌وه گه‌ڕانه‌وه بۆ لای چاڵی به‌دبه‌ختی قووڵی له هه‌موو شوێنێ دوورتر ، ئه‌وانه‌یان نه‌بێ که باوه‌ڕیان به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا کردوه‌و کرده‌وه‌کانیان باش‌بوه •• ئه‌وانه پاداشێکی نه‌بڕاوه‌یان بۆ هه‌یه •

ئیتر لە پاش ئەوە کە پەروەردگار ئەم هەموو هێزو تەوانای پێداویو، لەم شێوە جوانەدا دروستی کردوویو ، داوای کارێکیشی لێ کردووی کە لەگەڵ ژیانێکی ئارامدا بۆت بکرێو ، داوای بیرو باوەڕێکیشی لێکردووی کە ببێ بە بناغەی هەست بە مەسئوولییەتکردنو ویژدانی بەنرخ ••• ئیتـــر چی تۆ دلگران ئەکا لە وەرگرتنی دینو ئەبێ بە هۆی ئەوە کە باوەڕ بە دین نەکەیتو ئەو یاساجوانە خوداییە بە درۆ دابنێی ؟ ئایـــا پەروەردگاری تۆ باشترینی فەرمانداران نیە لە هۆی بەدیهێنانو ڕێکخستنی ئەســبابی کارو کردەوە ؟ بەڵێ ، وەڵلاهی باشترین فەرماندارەو عەیب لە بارەگایا نیە •

وە لەسەر مانالێکدانەوەی (تین)و (زیتون) بەو دوو بـــەری دارە ناسراوە •• خودا ئەفەرموێ : سوێند بەو کەسە کە هەنجیری دروســـت کردوە ، کە خۆراکێکی وایە مادەی بێ سوودی تێدا نیەو ، ناسكو جوانەو، زوو هەزم ئەکرێو ، قازانجی زۆرە : چاری بەڵغەم ئەکاو ، گورچیلە پـــاك ئەکاتەوەو ، خەڵتە لە گمێزدانا لائەباو ، سوودی بۆ سیو جگەر هەیەو ، لەش قەڵەو ئەکاو ، چاری دەردی مەیاسیری ئەکاو ، سەرماو ئازاری سەرما لە لەش لائەبا •• !

هەروا سوێند بەو کەسە کە زەیتوونی دروستکردوە کە بۆ پێخۆر بەکاردێو ، ڕۆنەکەی وەکوو ڕۆنی ئاژەڵ بۆ خواردەمەنی بەسوودەو ، لە خڵتەی ڕۆنەکەی چرا دائەگیرسێنرێو ، بۆ چەورکردنی ڕەگو جمگـــەی لەش بەکەڵکە !

وە ســـوێند بەو کەســـە کە کێوی طووری سیناو شاری مەکەی دروستکردوە کە هەردوو لایان بێ کشتوکاڵو سەوزینو ، لەگەڵ ئەوەیشدا بوون بە شوێنی ڕەهبەرانی خاوەن پایەو جیهان لەوانەوە گەیشت بە مایەی

پیرۆزی نه‌بڕاوه ! ئاده‌میزادمان له دیمـه‌نێکی جوان‌و ، عـه‌قڵێکی ڕێك‌و ڕه‌واندا دروست‌کردوه‌و ، له‌گه‌ڵ ئه‌و ڕه‌نگ‌ڕێژییه جوانه‌یشدا ڕه‌هبه‌رانم بۆ ناردوون هه‌تا ڕێنوماییان بکه‌ن بۆ ڕێگه‌ی پیرۆزی ، لـه ئه‌نجامـدا ده‌رکه‌وت هه‌موو ئه‌و ئاده‌میزادانه بیروباوه‌ڕو کرده‌وه‌ی نابار بۆ خۆیان هه‌ڵئه‌بژێرن‌و ئێمه‌یش پاشه‌وپاش هه‌موویانمان هێنایه‌وه بۆ ئه‌و پایه کـه که‌مترین پایه‌یه‌و له خوار هه‌موو پله‌و پایه‌یه‌که‌وه‌یه ، ئه‌وانه‌یان نه‌بێ کـه باوه‌ڕیان به خوداو پێغه‌مه‌ران کردوه‌و کرده‌وه‌ی باشیان کردوه .. ئه‌وانه پاداشێکی نه‌بڕاوه‌یان هه‌یه ، ئیتر چی واتان لێ‌ئه‌کا باوه‌ڕ به ئایین نه‌که‌ن‌و یاسای خودا به‌درۆ دابنێن ؟ ئایا خودا فه‌رمانداڕێکی وه‌ها نیه که له هه‌موو فه‌رمانداڕێ باشترو عادلترو کارداممه‌زراوتر بێ ؟ به‌ڵێ خودا دارای هه‌موو ته‌واوییه‌که‌و له که‌م‌و کووڕی‌و ناته‌واوی دووره . (سبحان الله وبحمده ، سبحان الله العظيم) .

سوورەتی (عەلەق) لە سـوورەتە مەکەییەکانە ، نۆزدە ئایەتە ، یەکەم سوورەتی قورئانە کە بۆ پێغەمەر هاتوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الإنْسانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الإنْسانَ ما لَمْ يَعْلَمْ) (٥)

لە بوخاریو موسلیمدا دەگێڕنەوە : یەکەمشتێ کە بۆ حەزرەت ـ د ـ رووی دا ، لە وەحی ، ئەوە بوو کە خەوی راستی ئەدیو ، هەر شتێکی لە خەودا ئەدی وەکوو شەوقی رۆژ بۆی دەرئەکەوت،واتە ناڕاستی تێدا نەبوو .

دوای ئەوە ئەوەی بەلاوە جوانو باش بوو کەنار لە خەڵك بگرێو گۆشەنشین بێ . هەمووساڵێ ئەچوو بۆ ئەشکەوتی (حراء) لە نـزیکی شاری مەکەداو ، چەن شەوێ لەوێدا ئەمایەوەو ، توێشەی ئەو ماوەیە لەگەڵ خۆیدا ئەبرد . کە ئەوە تەواو ئەبوو دووبارە ئەڕۆیشتەوە بۆ لای خەدیجەی خێزانی ـ خ ـ توێشەی بۆ دروست ئەکردەوەو ئەچووەوە بۆ ئەشکەوتەکە.. هەتا کاتێ جوبرەئیل ـ د ـ هاتەخوارەوە بۆ لای بۆ ئەشکەوتەکە . لەوێدا پێی گوت : (اقرأ) بخوێنە ! حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : خوێندەوار نیم . حەزرەت ئەفەرموێ : جوبرەئیل گرتمیو گوشاردمی بە خۆیەوە تا ئازارم پێگەیشت . جا بەرەڵای کردمو فەرمووی : بخوێنە ! منیش وتم : خوێندەوار نیم . جا گرتمیو وشاردمی بە خۆیەوەو بەرەڵای کردمو فەرمووی : بخوێنە!

منیش وتم : خوێندەوار نیم • تا سێ جار • ئەم جاری سێهەمە کە بەرەڵای کردم فەرمووی : (اِقرأ باسم ربك الذی خلق •••) تا دوایی ئایەتی پێنجەم•

واتە : ئەی رەهبەر بخوێنە بە یارمەتی ناوی پەروەردگاری خۆتەوە ، ئەو پەروەردگارە کە هەموو شتێکی دروستکردوە ، بە تایبەتی ئادەمیزادی لە پارچە خوێنێ دروستکردوە کە لە تۆمی باوكو دایکەوە پەیدا ئەبێ • بخوێنەو بزانە کە خودای تۆ خودایەکی وایە میهرەبانیو بەخششی لە هەموو شتێ زۆرترە • ئەو خودایە بە هۆی نووسینەوە بە خامە زانیاری پیشانی ئادەمیزاد داوەو ، ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردوە کە نەیزانیون •

ئەم ئایەتانە ئیشارەتن بۆ ئەوە کە ئیتر چەرخی نەزانیو نەخوێندەواری رابوردو چەرخی زانستو نووسینو کتێبدانان لە جیهاندا هاتەپێشەوە ، بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد لە تاریکستانی بێ دینیو نەزانیو دڕندەیی دەرچێ بۆ رووناکستانی ئایینپەرستیو زانیاریو ئارامیو پیرۆزی •

(کَلاَّ اِنَّ الإنْسَانَ لَيَطْغَى (٦) اَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى (٧) اِنَّ اِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى (٨) اَرَاَيْتَ الَّذِي يَنْهَى (٩) عَبْداً اِذَا صَلَّى ؟ (١٠) اَرَاَيْتَ اِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى (١١) اَوْ اَمَرَ بِالتَّقْوَى ؟ (١٢) اَرَاَيْتَ اِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى ؟ (١٣) اَلَمْ يَعْلَمْ بِاَنَّ اللهَ يَرَى ؟!) (١٤)

وازبێنە لەوە کە خودا حەز لە خوێندنو زانیاریو بەویژدانی ••• ئەکات ؛ ئادەمیزاد تەبیعەتەکەی وایە کە تەماشای خۆی کردو لەوە حاڵی بوو کە نانو ئاوو جێگەو شوێنی هەیەو بێنیازە لە خەڵكو ، لە دەورو بەری خۆیدا کەسی وا نیە زاڵ ببێ بەسەریا •• لەخۆیەوە بایی ئەبێو ، لە سنووری

نیظام‌و یاسای حەق لائەداو ، هەرچی خۆی بیەوێ‌و حەزی لیٚ بکا بە رەوای ئەزانێ‌و ئەیکاو ، ئامۆژگاری ئینسانی ، یا دەرزی ئاسمانی وەرناگرێ !بەلاٚم کارێکی زۆر خراپ ئەکا ؛ چونکی هەرچۆن بیٚ گەڕانەوەی ئادەمیزاد لــە ئەنجامدا هەر بۆ لای خودایەو خودا ئاگای لە هەموو کارێکیەتی‌و تۆڵەی لیٚ ئەسێنیٚتەوە •

بۆ بەڵگە لەسەر بایی‌بوونی ئادەمیزاد تەماشای (ابو جهل)و ئەحواڵی ناهەمواری بکە • ئا هەواڵم پیٚ‌بدە لەو کابرایە کە نەهی ئەکا لە بەندەییٚ لە بەندە هەڵبژاردەکانم وەکوو محەمەد بیٚ ـ د ـ کاتیٚ کە هەڵئەستیٚ نـویژ ئەکا بۆ خودا ئەوە بۆچی ئامادە ئەبیٚ بۆ ئازاردانی‌ئەو زاتە ؟ ئا ئاگادارم بکەن لە حاڵی ئەو نوێژکەرە ئەگەر لەسەر باری ئیصلاٚح‌و شـارەزاکردنی ئادەمیزاد بیٚ ؟ یاخود ئادەمیزادێ بیٚ بیـەوێ سـەرجڵەوی فـەرمانداری وەربگرێ‌و فەرمان بدا بە خۆپارازتن لـە بیٚ ئیطاعەیی خـودا ؟ وە یـاخود ئادەمیزادێکی وابیٚ کە باوەڕی بە حەق نەبیٚ‌و پشت لە دین هەڵبکا ؟ ئـایـا ئەم کابرای نەهی‌لەنوێژکەرە نازانیٚ خودا ئاگادارە لە ئەحواڵی محەمـەد هەرچۆن بیٚ ؟ بۆچی حەواڵەی خودای ناکاو لەسەر چی بە ناحەق ئازاری دڵی ئەدا ؟

(كَلاَّ ! لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ (١٥) ناصِيَةٍ كاذِبَةٍ خاطِئَةٍ (١٦) فَلْيَدْعُ نادِيَهُ (١٧) سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ (١٨) كَلاَّ لا تُطِعْهُ واسْجُدْ واقْتَرِبْ) (١٩)

واز لە ئامۆژگاری وێنـــەی ئەبوجەهل بیٚنـە ! ئەگـەر ئەبوجەهل دەسبەردار نەبیٚ لەم بیٚ‌شەرمییەی مووی پیٚشی سەری رائەکیٚشین ، یـا

رای‌ئەکێشین بە مووی بەری سەری ، ئەو بەری سەرە کە پێشەسەرێکی درۆزنی تاوانبارە ، یانی ئەوەندە درۆزنە نیشانەی ئەو درۆزنییە لە ناوچاوانیا دیارەو ، ئەوەندە تاوانبارە تاوانباری لە ناوچاوانی دەبارێ !

وەکوو زانراوە کە تاوانبارەکان بە دیمەنو شـێوەی ناوچاوانیانا ئەناسرێن ، جا لەو کاتەدا کە ئێمە بە تیسکی سەری رای‌ئەکێشین با هاوار بکاو کۆمەڵو هاودەنگو هاونیشتەی خۆی بانگ بکا ، با یارمـەتی بدەنو رزگاری بکەن • ئێمەیش زەبانییەکانو دەرگاوانانو بەرپرسیارانی دۆزەخ بانگ ئەکەین • جا واز لە حاڵی ناباریان بێنە ، تۆ گوێ بـەوانە مـەدەو پەیڕەوییان مەکەو دەسبەرداریان بە • وە کوڕنووش بۆ خودای پەروەردگاری جیهان ببەو ، بەو سوجدەبردنە خۆت لە خودا نزیك بکەرەوە ؛ چونکی بەندە لە کاتی سوجدەدا لە هەمووکاتێ زیاتر لە خوداوە نزیکە •

لە ئیبنو عەبباسـەوە دەگێڕنەوە ــ خ ــ ئەڵێ : ئەبوجەهل وتی : ئەگەر محەمەد ببینم لە لای کەعبەدا نوێژ بکا پێ‌ئەنێم بە گەردنیا ! ئـەم قسە گەیشت بە حەزرەت ــ د ــ ئەویش فەرمووی : ئەگەر ئەبوجەهل کاری وەها بکا فریشتە بە ئاشکرا ئەیفڕێنن •

لە ریوایەتی موسلیمدا ئەفەرموێ : ئایا محەمەد لە ناو ئێوەدا رووی خۆی تۆزاوی ئەکا ؟ واتە لەسەر زەوی سوجدە ئەبا ؟ وتیا ن: بەڵێ • ئەویش وتی : سوێند بە (لات)و (عوززا) ئەگەر ببینم شتی وەها بکات پێ‌ئەنێم بەسەر ملیا ! جا هات بۆ لای حەزرەت ــ د ــ لەکاتێکدا نوێژی ئەکرد ، کەچی لەسەر قنگ چیچکەی کردو بە هەردوو دەستی ــ دەستی ئەوەشاند ! وتیان : ئەوە چیت لێ قەوماوەو بۆ وا ئەکـەی ؟ وتی : لـە نێوان منو محەمەدا چەن خەنەکێکی پڕ لە ئاگر هەیەو ، چەن باڵێ وان لە بەرچاوما !

جا حەزرەت فەرمووی : ئەگەر ئەبوجەهل لە من نزیك‌ببوایەتەوە فریشتە ئەیانڕفاندو پارچە پارچەیان ئەکردو هەر پارچەیەکیان ئەبرد لەشوێنێ فڕەیان ئەدا ! جا خودا ئەم ئایەتانەی ناردەخوارەوە : (کلا ان الانسان لیطغی ان رآه استغنی ... تائایەتی کلا لاتطعه) .

وە موسلیم ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : کە ئەبوجەهل هات تەماشای کـرد حەزرەت نوێژی ئەکرد ، ئەویش وتی : من نەموت .. نوێژ مەکـە ؟ جـا حەزرەت بە توندی قسەی لەگەڵدا کرد . ئەبوجەهل وتی : تۆ خۆت ئەزانی کەس نیە کۆمەڵو هاودەمو هاونیشتەی لە من زیاتر بێ ! جا خودا ئـەو ئایەتەی ناردەخوارەوە : (فلیدع نادیه ، سندع الزبانیه) .

ئیبن‌و عەباس ئەفەرموێت : وەڵلاهی ئەگەر ئەهلی نادیەکەی لـەو شوێنەدا بانگ بکردایە زەبانییەی خودا ئەیانگرتو ئەیانبرد .

سوورەتی (قەدر) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، پێنج ئایەتە، دوای سوورەتی (عبس) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ (١) ومـا أَدْرَاكَ ما لَيْلَةُ الْقَدْرِ ؟ (٢) لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ (٣) تَنَزَّلُ الْمَلائِكَةُ والرُّوحُ فِيها بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ (٤) سَلامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ) (٥)

واتە : بە راستی ئێمە قورئانمان لە شەوی (ليلة القدر)دا ناردوەتـە خوارەوە ، تۆ چووزانی (ليلة القدر) چیەو پایەی طاعەت لەو شـەوەدا چەندێکە ؟ خێرو پاداشی بەندەیی‌کردن لەو شەوەدا لە بەندەیی‌کردنی هەزار مانگ خێرترە ، کە ئەو شەوەیان تێدا نەبێ • فریشتەی رەحمەت‌و (روح) کە جوبرەئیلی ئەمینە لەو شەوەدا بە ئیزنی خودا دێنەخوارەوە بۆ تەوزیع‌و رێکخستنی هەر کارێ کە لەو ساڵەدا بڕیاردراوە جێ‌بەجێ ببێ • وە ئەو شەوە هەمووی هۆی سەلامەتی‌و پیرۆزییە • واتە تا بەرەبەیانی ئەو شەوە هەر خێرو پیرۆزی دێتەخوارەوە •

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : خاوەن تەفسیرەکان تێکڕا ئەڵێن : ئەم ئایەتە مەعنای وایە کە قورئانمان لە (ليلة القدر)دا ناردوەتەخوارەوە ، بەڵام بە صەراحەت نـاوی

قورئانی نەبردوە ؛ چونکە لە سیاقی ئایەتەکەوە کە ئەفەرمویت : (انا انزلناه فی لیلة القدر) قورئان دەرئەکەوێو ئینزال بۆ قورئانە •

باسی دووهەم : ئاشکراو زانراوە کە قورئانی پیرۆز لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا هاتوەتەخوارەوە • کە وابێ ئەم ئایەتە تەئویل بکرێ بەم جۆرە یا مەبەس ئەوە بێ : دەستمانکردوە بە ناردنەخوارەوەی قورئان لە شـــەوی (لیلة القدر)دا ، واتە هەندێکیمان لەو شەوەدا ناردە خوارەوە •

وە یاخود لەسەر ئەو ریوایەتە بڕۆین کە لە شەوی (لیلة القـدر)دا هەموو قورئانمان لە (لوح المحفوظ)ەوە ناردوەتە خوارەوە بۆ ئاســمانی یەکەم ، ئەوسا لە ماوەی بیستو سێ ساڵدا بە گوێرەی پێویست ناردوومانەتە خوارەوەو حەزرەتی جوبرەئیل هێناویەتی بۆ حەزرەت ـــ د ـــ •

باسی سێهەم : ئەو شەوە بۆیە ناوبراوە بە (لیلة القدر) کە شـــەوی رێزو پایەیە بۆ طاعەتکردن لەبەر ئەوە کە شەوی هاتنەخوارەوەی قورئانــە کە وەکوو ئاوی ژیانی دڵی هۆشیارانەو ، هەر دڵێ ئەو قورئانە وەربگرێ نامرێ •

وە یا لەبەر ئەوە کە ئەو شەوە شەوێکە فریشتەی بەرپرسیاری خودا تەقدیرو بڕیاری ئیشو کاری ئەو ساڵەی تێدا ئەکەن تا (لیلة القـــدر)ی رەمەزانی داهاتوو •

باسی چوارەم ئەمەیە : (لیلة القدر)وا لە مانگی رەمەزاندا لەبەر ئەوە خودا فەرموویەتی : قورئان لە (لیلة القدر) دا هاتوەتەخوارەوە • وە هەم فەرموویەتی : قورئان لە مانگی رەمەزاندا هاتوەتەخوارەوە • ئەم دوو قسە ئەوە ئەگەیەنن کە بە بێ گومان قورئان لە مانگی رەمەزاندا هاتوەتەخوارەوە•

بەڵام ئەو شەوی (لیلة القدر)ە کام شەوەیە ؟ ئەوەدەرنەخراوەو ئاشکرا نەکراوە . زانایانی دین لەم بارەوە گەلێ قسەیان هەیە : هەندێ فەرموویانە: شەوی یەکەمی رەمەزانە.هەندێ تر فەرموویانە : شەوی حەڤدەی رەمەزانە. وە هەندێ تر دەفەرموون : شەوی بیستو یەکەمی رەمەزانەو ، هەندێ تر رۆژێ تریان دیاری کردوە .

وە لە واقیعدا چونکە حەزرەت فەرموویەتی : لە دە شـــەوی دوایی رەمەزاندا بۆی بگەڕێن .. ئەوە راجیح ئەوەیە کە لە شەوە تاکەکانی دەی دوایی رەمەزاندا بێ . وە لەبەر ئەوە ونکراوە هەتا موسوڵمانان تێکۆشن بۆ زیندووکردنەوەی شەوەکانی رەمەزان بە تایبەتی شـــەوە تاقەکانی دەی دوایی . جا هەرکەسێ خوا یارمەتی بدا هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی هەموو شەوەکانی رەمەزان ئەدات بەڵکوو بگات بە خێرو پیرۆزی ئەو شەوە .

باسی پێنجەم : ئەو فریشتانە کە لەگەڵ جوبرەئیلدا دینەخوارەوە بـــە گوێرەی ئایەتەکە ئەبێ هەموویان فریشتەی خودا بن‌و هاتنی هەموویان لەبەر دەرخستنی رێزو گەورەیی ئەو شەوە بێ .

وە هەندێ ، فەرموویانە هـــەر ئـــەو فریشتانەن کە بەرپرسیارن لـــە دیاری‌کردنی رۆزی بەندەکانی خودا .

باسی شەشەم : لە مانای (سلام هی حتی مطلع الفجر)دا گەلێ قســـە کراوە :

هەندێ فەرموویانە : مانای وایە ئەو شەوە تا بەیانی فریشتەی رەحمەت سەلام لەو موسوڵمانانە ئەکەن کە حازری زیندووکردنەوەی ئەو شەوەن .

هەندێ تر فەرموویانە : مەعنای ئەوەیە کە لەو شەوەدا گیانی موسوڵمانان دوورو بێ زیان ئەبێ لە (القای)شەیتان .

هەندێکی تریش فەرموویانە : مانای وایە لەو شەوەدا بەڵاو موصیبەتو ئافات نیە •

باسی حەوتەم ئەمەیە : کە راجیح وایە (لیلـــة القـــدر) هەتا رۆژی قیامەت لە هەموو ساڵێکدا لە مانگی رەمەزانا هەیە دنیـــا هـــەرچۆن بێ ؛ بگۆڕێ یا نەگۆڕێ •

ســــووره‌تی (بینـــه) ، له‌و ســــووره‌تانه‌یه که له مه‌دینه‌دا هاتوونه‌ته‌خواره‌وه ، هه‌شت ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی تـــه‌لاق هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنْفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ (١) رَسُولٌ مِنَ اللهِ يَتْلُو صُحُفاً مُطَهَّرَةً (٢) فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ (٣) وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ (٤) وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، وَذلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ) (٥)

ئه‌م سووره‌ته له سه‌رزه‌نشتی کافره‌کاندا هاته‌خواره‌وه له‌سه‌ر ئه‌وه که کاتی خۆی ئه‌هلی کیتاب ، له گاورو جووله‌که ، ئه‌یانوت : هه‌تا پێغه‌مه‌ری ئاخرزه‌مان ده‌رنه‌که‌وێ ئێمه ئه‌م دینی خۆمانه ، وه یا ئه‌م باوه‌ڕی خۆمانـــه ته‌رك ناکه‌ین که‌چی پاش ئه‌وه که پێغه‌مه‌ری ئاخر زه‌مان هـــات ئینکاریـــان کردو شوێنی نه‌که‌وتن .

واته کافره‌کان له ئه‌هلی کیتاب گاورو جووله‌که‌و ، کافره هاوبـــه‌ش بۆ خودا دانه‌ره‌کان له وه‌زعی خۆیان جیانه‌ده‌بوونه‌وه هه‌تا به‌ڵگه‌یه‌کیـــان ده‌س‌نه‌که‌وێ‌و نه‌یێ بۆ لایان ، وه ئه‌و به‌ڵگه ره‌سوولێکه له لایه‌نی خوداوه

چەن پەڕەی قورئانی پاكْ لە شتی خراپیان بۆ بخوێنێتەوە ، وە لەو چەن پەڕەدا چەن نووسراوێکی بەنرخ هەبێ • کەچی ئەو ئەهلی کیتابانە بەش‌بەش‌و کۆمەڵ‌کۆمەڵ نەبوونو زۆربەیان کافرو کەمیان موسوڵمان نەبوون •• دوای ئەوە نەبێ کە ئەو بەڵگەو حوججەتەیان بۆ هات کە خۆیان داوایان ئەکرد • واتە : ئەوەتا پێغەمەرو قورئانیان بۆ هاتوە کەچی ئەوان باوەڕی پێ‌ناکەنو بەش‌بەش بوون • ئەمە لە کاتێکدا ئەو پێغەمەرە کە هاتوە بۆ لایان داوای شتی زیادەی لێ نەکردوونو ، ئەمریان پێ‌نەکراوە بەوە نەبێ کە بەندەیی بۆ دینی خودا بکەنو ، خۆیان تەنیا بۆ ئەو ساغ‌بکەنەوەو ، هاوبەش‌و هاوڕێی بۆ بڕیار نەدەنو ، لە هەموو بیرو باوەڕێکی ناهەموار لادەنو ، نوێژەکانیان بە رەسایی بکەنو ، زەکاتی ماڵو داراییان بە تەواوی بدەن • وە ئەمـــە یاسای دینی راستەو ، ئەمەی فەرمانیان پێدراوە بە کردنی شتێکی ئاسانو بێ‌ئەرکە •

(اِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ اَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نارِ جَهَنَّمَ خالِدينَ فِيها اولائِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ) (٦)

جا بێگومان ئەوانەی لە ئەهلی کیتاب‌و هاوبەش‌بۆخودابڕیاردەرەکان کوفر بە خوداو پێغەمەر ئەکەن وان لەناو ئاگری دۆزەخداو تیایا ئەمێنینەوە هەتاهەتایە ، وە ئەوانە بەدترین‌و خراپترینی کەسن •

(اِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ اُولائِكَ هُمْ خَيرُ الْبَرِيَّةِ (٧) جَزَاؤُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْري مِنْ تَحْتِها الأَنْهارُ خَالِدينَ فِيها اَبَداً ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ ورَضُوا عَنْهُ ، ذلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ) (٨)

وه بەراستی ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بەخوداو پێغەمەر کردوەو ، کردەوەی باشیان کردوە ئەوانە باشترینی کەسن • پاداشیان لە لای خوداوه چەن بەهەشتێکە کە بە (جنات عدن) •• واتە بەهەشتی تێدامانەوەو جێگەی دانیشتن ــ ناسراون ، ئاوی جۆباری جوان لە ژێر دارەکانیـانەوە ڕەوان ئەبێ • ئەو کەسانە ئەو جێگا خۆشانە جێگەیانەو ، تیایاندا ئەمێننەوە هەتا هەتایە • خودا لەوان ڕازی بوەو ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون • وه ئـەم پایەو پاداشە بەشی کەسانێکە لە خودای خۆیان بترسن‌و باوەڕ بە خوداو پێغەمەری خودا بکەن‌و ئاداب‌و پێویستیەکانی دین بە باشی بەجێبێنن •

لە ئەنەسەوە ــ خ ــ دەگێڕنەوە کە حەزرەت ــ د ــ بە ئوبەیی کوڕی کەعبی فەرموو : خودا فەرمانی پێداوم سوورەتی (لم یکن)ت بەســەردا بخوێنمەوە ؛ ئەویش عەرزی‌کرد : خودا ناوی بردووم ؟ فەرمووی : بەڵێ • جا ئەویش لە خۆشی ئەو فەرموودەی حەزرەتەوە گەلێ گریا •

سووره‌تی (زه‌لزه‌له) له سووره‌ته مه‌دینه‌ییه‌كانه ، هه‌شت ئایه‌ته، دوای سووره‌تی (نیساء) هاتوه‌ته‌خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(إِذا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلْزالَها (١) وأَخْرَجَتِ الأَرْضُ
أَثْقالَها (٢) وقالَ الإنْسانُ : ما لَها ؟ (٣) يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ
أَخْبارَها (٤) بأَنَّ : رَبَّكَ أَوحى لَها (٥) يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ
أَشْتاتاً لِيُرَوْا أَعْمالَهُمْ (٦) فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقالَ ذَرَّةٍ خَيْراً
يَرَهُ (٧) ومَنْ يَعْمَلْ مِثْقالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ) (٨)

كاتێ كه له‌سه‌ر فه‌رمانی خودا ته‌كان به زه‌وی درا بۆ تێكدانی ئه‌م جیهانه‌و ، به‌و ته‌كانه هه‌رچی وا له ناو زه‌ویدا له كان‌و خه‌زێنه‌و شتی به‌نرخ‌و له‌شی مردوه‌كان ••• هه‌مووی خسته‌ده‌ره‌وه‌و ، ئاده‌میزاد له سه‌ره‌تای كاره‌ساته‌كه‌دا وتی : ئه‌وه چییه زه‌وی بۆ وا ئه‌كا ؟ له‌و رۆژه‌دا زه‌وی دێته وتارو ، قسه له‌گه‌ڵ ئاده‌میزادا ده‌كاو ئه‌ڵێ : په‌روه‌ردگاری جیهان فه‌رمانی پێداوه ئاوا وێران ببێ ، جا له‌و رۆژه‌دا (واته له ئه‌نجامی فووپێداكردنی یه‌كه‌مدا كه ئه‌گات به فووپێداكردنی دووهه‌م) مردوه‌كان زیندووئه‌كرێنه‌وه‌و، ئاده‌میزاد هه‌موو له گۆڕستانی خۆیان ده‌رده‌چن‌و ، جیاجیاو پۆل‌پۆل به گوێره‌ی پایه‌یان به‌ره‌و مه‌یدانی لێپرسینه‌وه ئه‌كه‌ونه رێ ، بۆ ئه‌وه پاداشی كرده‌وه‌كانیان بخرێته به‌رچاویان‌و نیشانیان بدرێ • جا هه‌ركه‌سێ به قه‌ی سه‌نگی مێرووله سووره‌یێ چاكه‌ی كردبێ پاداشه‌كه‌ی ئه‌بینێ ، وه هه‌ركه‌سێ به قه‌ی سه‌نگی مێرووله سووره‌یێ خراپه‌ی كردبی پاداشه‌كه‌ی ئه‌بینێ •

له ئه‌بوهوره‌یره‌وه ده‌گێڕنه‌وه ــ خ ــ ئــه‌ڵێ : حــه‌زره‌ت ــ د ــ (یومئذ تحدث اخبارها)ی خوێنده‌وه‌و فه‌رمووی : ئه‌زانن که هه‌واڵی زه‌وی چییه‌و چ قسه‌یه‌ك ئه‌درکێنێ ؟ عه‌رزیانکرد : خوداو پێغه‌مه‌ری خودا ئه‌زانن. فه‌رمووی : هه‌واڵی زه‌وی ئه‌مه‌یه : که شایه‌تی بدا له‌سه‌ر هه‌موو پیاوو ژنێ به‌وه‌ی له دنیادا له‌سه‌ر پشتی زه‌وی کردوویانه • ئه‌ڵێ : فلاّن که‌س فلاّن رۆژ له فلاّنه شوێنا فلاّنه کرده‌وه‌ی کرد •

سوورەتی (عادیات) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، یازدە ئایەتــە ، دوای سوورەتی (عەصر) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والعَادِيَاتِ ضَبْحاً ! (١) فَالمُورِيَاتِ قَدْحاً ! (٢) فَالمُغِيرَاتِ صُبْحاً ! (٣) فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعاً (٤) فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعاً (٥) إِنَّ الإنْسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُود" (٦) وإنَّهُ عَلى ذلِكَ لَشَهِيد" (٧) وإنَّهُ لِحُبِّ الخَيْرِ لَشَدِيد") (٨)

سوێند بە ئەسپی ئەوانە کە لە ڕێگەی خودادا جیهاد ئەکەن ، ئــەو ئەسپانە کە غار ئەکەنو هەناسەی توند ئەدەن ! وە بەو ئەسپانە کە بە نــاڵی سمیان ئاگر لە بەردی ڕێگە دەرئەکەن ! وە بەو ئەسپانە کە لە بەرەبەیاندا هێرش بە خاوەنەکەیان دەبەن بۆ سەر دوژمن ، جا لەو بەرەبەیانەدا تەپوتۆز هەڵئەستێننو خۆیان ئەکەن بە ناو کۆمەڵەی دوژمندا ! سوێند بەمانەو بە دروستکەری ئەمانە ! ئادەمزاد بەرابەر بــە خــودای خۆیان کــوفر ئەکـــەنو ناسوپاسن ، وە ئادەمیزاد خۆی شایەتی ئەم حاڵەی خۆیەتی ، وە ئادەمیزاد ماڵی دنیای زۆر خۆش ئەوێو ئەو خۆشەویستییەی زۆر بەهێزە •

(أَفَلا يَعْلَمُ إذَا بُعْثِرَ ما فِي القُبُورِ (٩) وحُصِّــلَ ما فِي الصُّدورِ (١٠) إنَّ رَبَّهُمْ بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَخَبِير") (١١)

ئایا ئادەمیزاد نازانێ کاتێ کە مردووان لە گۆڕ دەرکرانو بەرەو گۆڕ

ڕێخرانو ، ئه‌وه‌ی له‌ دڵاندا بوه‌ له‌ نیازو مه‌به‌ستی چاکه‌و خراپه‌ هه‌مووی ده‌رخرا ٠٠ ئایا نازانێ که‌ خودای ئه‌وان ئاگاداری هه‌موو کارێکیانه‌و زانایه‌ به‌ هه‌موو شتێکیان ؟

به‌ڵێ صه‌د قه‌سه‌م به‌ کیبریای زات
زه‌ڕه‌یێ بێ له‌ ڕووی کائینـــــات
هــه‌ر لــه‌ ئــه‌زه‌لا هه‌تــا هه‌تایـــه‌
خودا ئه‌یـزانێ بێ ئیشــتیباهات

سوورەتی قاریعــە ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، یازدە ئایەتــە ، دوای سوورەتی (قورەیش) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(القارِعَةُ (١) ما القَارِعَةُ (٢) وما ادْرَاكَ ما القَارِعَةُ ؟ : (٣)
يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كالفرَاشِ المَبْثُوثِ (٤) وتَكُونُ الْجِبَالُ
كالعِهْنِ المَنْفُوشِ (٥) فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوازِينُه (٦) فَهُوَ فِي
عِيشَةٍ راضِيَةٍ (٧) وأمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوازِينُه (٨) فَأُمُّه هاوِيةٌ (٩)
وما أَدْراكَ ماهِيه ؟ (١٠) نَارٌ حامِيةٌ) (١١)

ئەو کارەساتە کە لە جیهاندا رووئەداو لە قورئاندا بە (قارعه) (واتە جیهان کوتێنەر) ناوبراوە چیە ؟ ئەو کارەساتە زۆر ناهەموارەو ، تۆ چووزانی ئەو کارەساتە چیە ؟ ئەوە کارەساتێکە لە جیهاندا روو ئەدا لە رۆژێکدا کە ئادەمیزاد وەکوو پەپوولەی بڵاوەبوو وانە لە سەرلێشێواوی‌و بڵاوەبوونی بێشیرازەداو لە سەرگەردانییاندا وەکوو ئەو پەپوولانە وانە کە گێژ ئەبن‌و بە گەرماوە ئەسـووڕێنەوەو ، کێوەکانی سـەرزەویش وەکوو خوریی شییکراوەوانە ، جا پاش ئەو کارەساتە کە بە هۆی فووپێداکردنی یەکەمەوە رووئەداو لە پاش فووی دووهەم کە مردوو بـە تەوانایی خودا زینـدوو ئەکرێنەوە ئادەمیزاد هەموو ئەبرێن بۆ مەیدانی کێشانی کردەوە ، جا ئەو کەسانە کە کێشی خێراتیان قورسەو ، تای ترازووی چاکەیان سڵاوی بەسەر خراپەیاندا هەیەو ، چاکەیان لە خراپەیان زۆرترە ئەوانە وان لە ناو ژیان‌و

رابواردنێکی وادا که جێگه‌ی ره‌زامه‌ندی خۆیانه‌و به دڵو گیان لێی‌رازین.

وه ئه‌و که‌سانه‌یش کێشانه‌و تای ترازووی چاکه‌یان سووکه‌و تـای خراپه‌یان ســلاوی هه‌یه به‌سه‌ر چاکه‌دا ، یان تای چاکه‌یان هیچی تێدا نیه ؛ ئه‌وان وان له ناو دۆزه‌خداو ، دایکی ئه‌وان هاوییه‌یه ! تۆ چووزانی هاوییه چیه ؟ ئاگرێکی زۆر به‌جۆش‌و تاوه :

ناکووژێته‌وه بــه ده‌ریـــایێ ئـــاو
ته‌ئثیری ئه‌گـــا بــه جــه‌رگ‌و هه‌نــاو
که تینوویان بوو حــه‌میم وه‌رئه‌گرن
ریخۆڵــه ئه‌کا بــه پــه‌رۆی ســووتاو
یانی سه‌راسه‌ر ئــه‌هلی جه‌هه‌ننه‌م
وێنه‌ی خه‌ڵووزه: له‌ش‌و،سه‌رو،چاو!

سوورەتی (تکاثر) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، هەشت ئایەتە، دوای سوورەتی (کوثر) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ (١) حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ (٢) كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٤) كَلاَّ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ (٥) لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ (٧) ثُمَّ لَتُسْئَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ) (٨)

واتە : خۆبەگەورە تەماشاکردنو بەرانبەرکێکردن لەگەڵ هاورۆژەکاتتانا بە زۆری دارایی‌و نەوەو خێزانو هۆزو دەستەڵاتو پایەو شانی دنیایی خودای لەبیربردنەوەو بێئاگاو هۆشی کردن ، تا کاتێ رۆژتان تەواو بوو چوون بۆ زیارەتی گۆڕستان ، واتە هەتا ئاکامتان هاتو مردن •

وە یاخود پەیوەندی بە دنیاوە بێئاگای کردنو دەستەو بەستەی خۆتان ژمارە ئەکرد ، هەتا چوون بۆ سەر گۆڕستانو مردوەکانتان ژمارە کرد ، تا بزانن کام لا ژمارەتان زۆرترە •

ئەم مەعنا لەسەر ئەوەیە کە کۆمەڵی (بنو عبدالمناف)و (بنوسهم) کەوتنە بەرانبەرکێ لە زۆری ژمارەداو ، بەرەی مەناف لە بەرەکەی تر زۆرتر دەرچوون • لە پاشان بەرەی سەهم وتیان : ئێمە شەڕو ئاشووبو هەرا بەربادی کردین‌و لە چەرخی نەفامیدا زۆرمان مردن ، وەرن بچین

مردوەكانیش بژمێرین ! مردوەكانیان ژمارد بەرەی سەهم زۆرتر دەرچوون• جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە •

واتە : ئێوە بە شتی بێسوودەوە خۆتان خەریك مەكەن ، روو بكەنە دینو خوداپەرستیو ، یاسای عەدلو ، ئەخلاقو خوو رەوشــتی بەرزو ، دوورخستنەوەی فیتنە لە جیهان ، ئەگەرنا ژمارەی هۆز كەم بێ یا زۆر مادام زەلامەكانی باش نەبن بێ سوودە •

جا خودا بۆ سەرزەنشتیان لەو جۆرە بێ ئاگایی‌یەو ، ترساندنیان لە سزای پاشەڕۆژ ئەفەرموێت : لە پاشەڕۆژی نزیكدا ئاگادار ئەبنو دووبارە ئەڵێم: لەمەولا ئەزانن كە پاشەڕۆژ چۆنەو سزا چۆنە • بۆ جاری سێهەم ئەڵێم : ئەگەر زانستی پتەوو بەهێزتان ببوایێ ئەتانزانیو (علم الیقین) تان بەوە پەیدا ئەكرد كە دۆزەخ هەیەو راستە ، بەڵام ئێوە ئامادە نین بۆ بەڵگە هێنانەوەو زانستوەرگرتن لە بەڵگە بۆیە باوەڕ بە دۆزەختان بۆ پەیدا نابێ • جا دوای تەواوبوونی ئەم جیهانی پڕ بێئاگاییو بێهۆشییە ئەكەونە قیامەتەوەو بــە چاوی سەر دۆزەخ ئەبینن ، لە پاشان سوێند ئەخۆم كە پرسیارتان لێ ئەكرێ لەو نیعمەتانە كە پێتان دراوەو ئێوە پێیان لێ نائێن ، یاخود پێ لەوە نائێن كە خودا ئەو نیعمەتانەی پێداون • یاخود دان بەوەدا دەنێن كە لە خوداوەن بەڵام سوپاسیان ناكەنو ، وا ئەزانن بە هێزی شانو قۆڵی خۆتان پەیداتــــان كردوون !

لەم سوورەتەدا سێ باس هەیە :

یەكەم : خاوەن تەفسیرەكان فەرموویانە : (لترون الجحیم) نــابێ بە وەڵام بۆ (كلا لو تعلمون علم الیقین) ؛ چونكی جوابی (لو) لە (اثبات)ا ئەبێ بە (نفی) وەكوو (لو كنت اسدا لافترست) ، وە لە (نفی)دا ئەبێ

بە (اثبات) وەکوو (لو لم تکن انسانا ما نطقت) • وە بەم یاسایە ئەبێ دیتنی دۆزەخ بۆ موخاطەبەکان نەیەتە جێ ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بینینی دۆزەخ بۆ ئەوان راستەو گومانی تێدا نیە ، وەکوو خودا فەرموویەتی : (ثم لترونها عين اليقين)• بەڵام هەندێ لە زانایانی تەفسیر فەرموویانە : ئەم (اشکال)ەکاتێ دێتە جێ کە (رؤية) بە مەعنا دیتن بێ بە چاو ، بەڵام ئەو (رؤيـة)ەی لـە (لترون الجحيم) وەردەگیرێ مەبەست (رؤية) ی بە مەعنا عیلمەو پوختەی مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە : ئەگەر (استدلال)تان بـە دەلیلی قـەطعی بکردایە عیلمتان بە دۆزەخ دەست ئەکەوت بە عیلمیقەطعی لەم دنیاداو بەم جۆرەبێ ئاگا نەدەمانەوە • بەڵام چونکە ئەمە ناکەن لە دنیادا عیلمتان دەست ناکەوێ تـا رۆژی قیامەت ، ئەوسا بەم دوو چاوی سەرە دۆزەخ ئەبینن •

باسی دوەم : زانایانی تەفسیر لە بەیانی ئەو نیعمەتانەدا کە پرسیاریان لەسەر ئەکرێ گەلێ قسەیان کردوە :

یەکەم : ئەمینیو لەشساغی •

دوەم : لەشساغیو (فەراغەت) واتە خەریكنەبوونی ئادەمیزاد بـە باری نابارەوە •

سێهەم : هێزی بیستنو بینین •

چوارەم : لەزەتی خواردەمەنی تەڕو وشکە •

پێنجەم : خواردەمەنی قاوەڵتیو شێوە •

شەشەم : سكتێرێو ، ئاوی ساردو ، سـێبەری خانوو خێوەتو ، رێکی رەوشتو ، خۆشی نوستن •

حەوتەم : رەوانەکردنی پێغەمەر ــ د ــ •

هەشتەم : عەقڵ •

نۆهەم : ئیمانو باوەڕی دامەزراو •

دەهەم : ژنی موناسب لەگەڵ مێردا •

یازدەهەم : دراوسێی باش •

دوازدەهەم : برادەرو دۆستی راست •

سیازدەهەم : فەرمانداری دادگەر •

وە هەندێ فەرموویانە : نیعمەتەكانی خودا لەبەر زۆری ناژمێررین • لەوانە : عەقڵی ساغو ، لەشی ساغو ، ژیواری باشو ، ئەمینی لە نەفسو ماڵو كەرامەتو ، باوەڕی دامەزراو لە ناویاندا گەورەترین نیعمەتە •

وە ئەم پرسیاركردنە بۆ هەمووانە ، كافرو موسوڵمان ئەگرێتەوە ، بەڵام بۆ كافر بە گەرمیو بۆ موسوڵمان بە نەرمی ئەبێو روو ئــەدا • وە پرسیار لە سوپاسی نیعمەتەكانە ، واتە ئەڵێن : ئەو نیعمەتانەت دەس‌كەوت بۆ سوپاسی خودات لەسەر نەكردن ؟

لە عەبدوڵڵای كوڕی شوخەیرەوە ــ خ ــ دەگێڕنەوە ئەڵێ : چوومە خزمەت پێغەمەر ــ د ــ سوورەتی (الهاكم التكاثر)ی دەخوێندەوە ، جــا فەرمووی ئادەمیزاد دەڵێ : ماڵەكەم ! ماڵەكەم ! ئایا بۆی هەیە لە ماڵەكەی جگە لەوەی كە ئەیكا بە خێرو چاكەو ، ئەوەی لە پێش خۆیەوە دەینێرێو ، ئەوەی كە ئەیخوا ئەوە ئەڕواو لەناو ئەچێتو ، ئەوەی لەبەری ئەكا ئــەوە شڕ ئەبێو دائەڕزێ ؟

وە ئەبوهورەیرە لە پێغەمەرەوە ــ د ــ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی : یەكەم شتێ لە نیعمەتەكان پرسیاری لەسەر ئەكرێ لە ئادەمیزاد لــە رۆژی

قیامەتدا ئەوەیە پێی‌دەوترێ : ئایا تەندروستی لەشمان باش نەکردیت‌و لـە ئاوی سارد تێرو پاراومان نەکردی ؟

باسی سێهەم : لە هەموو قورئاندا لەم سوورەتەدا نەبێ ناوی (گۆڕستان) نەبراوە •

جا بزانن ! دیدەنی‌و سەردانی گۆڕ باشترین دەرمانە بۆ دڵێ کە رەش‌و رەق‌و چڵکـن بێ ؛ چونکی تەماشـاکـردنی گۆڕ مـردن بیری ئادەمیزاد دەخاتەوەو ، ئادەمیزاد لە هەواو ئارەزووی دنیا دوور ئەخاتەوەو ، ئەبێ بە هۆی رووکردنە خوداناسی‌و تەوبەکردن لە تاوان‌و دەس‌بەرداربوون لـــە ئارەزووبازی • وە پێغەمەر ـــ د ـــ لە سەرەتای ئیسلامەوە رێگەی سەردانی گۆڕستانی نەداوەو لە دواییدا رێگەی داوە ، وەك ئەفـــەرموێ : (کنت نهیتکم عن زیارة القبور ، فزوروا القبور ؛ فانها تزهد فی الدنیا ، وتذکـر الآخرة) •

وە لەم رێگەدانەدا ژن‌و پیاو جیانەکراونەتەوە ، وە ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێ : (لعن زوارات القبور) مەعنای براوەتە سەر ئەو ژنانە کـە بۆ دیدەنی یاسای بێ‌شەرعی دەڕۆن بۆ گۆڕستان ؛ وەك لەسەر گۆڕەکان بـە دەنگی خۆش مردوەکان ئەلاوێننەوەو ، قســەی درۆو ، تاریفی بێ‌جێ‌و ، پیاهەڵدانی ناشەرعی بۆ مردوەکە ئەڵێن •

وە یا بۆ ژنانێکە خۆیان جوان بن‌و بە بێ چارشێو سەرپۆش بـڕۆن خۆیان دەربخەن‌و بێگانە تەماشایان بکا • یا هەر بۆ ئەو ژنانە کە بۆ مەبەستی ناشەرعی خۆیان بڕۆن بۆ سەر گۆڕستان ، ئەگەرنا ژن با جوانیش بێ مادام کە خۆی داپۆشێ‌و لەگەڵ مەحرەمدا یا لەگەڵ چەن ژنێکی بەحورمەت‌و بەئەدەبا بڕوا بۆ دیدەنی گۆڕستان ئەوە قەی ناکا •

وه ئه‌و كه‌سه كه دیده‌نی گۆڕستان ئه‌كا پێویسته مه‌به‌ستی ره‌زای خوداو بیركردنه‌وه‌ی قیامه‌ت‌و مه‌به‌ستی باشكردنی خۆی بێ‌و هه‌نگاو به‌سه‌ر گۆڕه‌كانا نه‌نێ‌و له زه‌وییه‌كی واوه بڕوا گومانی وابێ ئاده‌میزادی تیا نه‌بێ ، هه‌روا له‌سه‌ر گۆڕه‌كان دانه‌نیشێ ، به تایبه‌تی رێزی ئه‌و گۆڕانه رابگرێ‌و كاتێ گه‌یشت به گۆڕستان سه‌لامیان لێ بكاو ، بڵێت : (السلام علیكم دار قوم مؤمنین وانا ان شاء الله بكم لاحقون) ئێوه زوو جێگیر بوون‌و ئێمه‌یش له دوای ئێوه‌وه دێین •

وه كاتێ گه‌یشته ئه‌و گۆڕه تایبه‌تییه كه ئه‌یه‌وێ زیاره‌تی بكا لــه لای روویه‌وه بڕوا سه‌لامی لێ بكاو دۆعای بۆ بكاو هه‌رچه‌ند توانــای هه‌یه قورئان بخوێنێ به نیه‌تی گه‌یشتنی پاداشه‌كه‌ی بۆ ئه‌و ، له دواییـــدا بۆی (هه‌دییه) بكا • وه ئه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سه له پیاوچاكان بوو ، یــا لــه ئه‌ولیاو پێغه‌مه‌ران بوو دۆعا بكا بو ئه‌وه كه خودا پایه‌ی ئه‌و به‌رز بكاته‌وه‌و ، دۆعا بۆ خۆیشی بكا ؛ چونكه گۆڕستانی پیاوچاكان شوێنی پیرۆزییه‌و ، زۆر نزیكه خودا ئه‌و دۆعا گیرا بكا •

وه دروسته تكا بكا له لای خودا به وه‌سیله‌ی رۆحانییه‌تی ئه‌و زاته‌وه• بۆ نموونه بڵێ : خوایه ! بۆ خاتری پایه‌ی پاكی‌و دڵسۆزی ئه‌م زاته ، یا بۆ خاتری رۆحانییه‌تی پاكی ئه‌م زاته ، یــا بــۆ خاتری كرده‌وه‌و خزمه‌تی ئــه‌م زاته پاكه عه‌فوم بكه ، یا ئه‌م نه‌خۆشینه‌م له‌سه‌ر لابه •

سووره‌تی عه‌صر ، له سووره‌ته مه‌كه‌ییه‌كانه ، سێ ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی شه‌رح هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(والعَصْرِ ! (١) اِنَّ الإنْسانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) اِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ، وتَواصَوْا بِالْحَقِّ ، وتَواصَوْا بِالصَّبْرِ) (٣)

خودا ئه‌فه‌رموێ : سوێند به زه‌مانه كه جێگه‌ی په‌یدابوونی كاره‌سات‌و رووداوی وایه ئاده‌میزادی هۆشیار سه‌رگه‌ردان ئه‌كاو ، به ئاشكرا ناچاری ئه‌كا له‌سه‌ر ئه‌وه ئیعتیراف بكا به وجوودی په‌روه‌ردگار !

وه یا سوێند به‌و زه‌مانه كه پێغه‌مه‌ری ئاخرزه‌مانی تێدا ره‌وانه‌كراو بوو به هۆی به‌ختیاری ئه‌وانه كه روویان له حه‌ق كردو ته‌علیماتی ئه‌ویان وه‌رگرت ! وه یا سوێند به نوێژی عه‌صر كه كاتی هاتنه‌خواره‌وه‌ی به‌ره‌كه‌ت‌و ره‌حمه‌ته‌و ، فریشته‌ی رۆژی تیا سه‌رئه‌كه‌ون‌و ، فریشته‌ی شه‌وی تیا دێنه‌خواره‌وه !

سوێند به‌مانه ، وه یا سوێند به خالیقی ئه‌مانه ! ئاده‌میزاد به گشتی وان له زیاندا ، ئه‌وانه نه‌بێ كه باوه‌ڕ به خوداو پێغه‌مه‌ری خودا بكه‌ن‌و هه‌رچی ئه‌و پێی‌گه‌یاندوون وه‌ری بگرن . وه ئه‌وانه كه كرده‌وه‌ی باش ئه‌كه‌ن له نه‌كردنی حه‌رام‌و كردنی شتی پێویست . وه به تایبه‌تی له ناو

کۆمەڵی ئادەمیزادا ئامۆژگاری ئەکەن بۆ یەکدی بە وەرگرتنی حــەق کــە ڕێگەی ئیسلامەو ، هەر کارێکە ڕێکی ئیسلام بێو ، ئامۆژگاری بۆ یەکدی ئەکەن بە خۆڕاگرتن بۆ زەحمەتو ، ئەرکی دەسبەرداربوون لـە حەرامو ، کردنی واجبو ، سونەت ، وە لەبــەر ئازاری دوژمنانی ســـــتەمکاری لەدینبێزارو ، لە بەر تانەو تەشەری ئینسانی بەدخووی ناهەمواراو ، لە بەر هاوڕێتی ناچاری هاوڕێی بەدڕەوشتی بەدکارا ... خودا پەنامان بداو لامانْدا لەوانە بە ڕەحمەتی خۆی . (ئامین) .

سوورەتی (همزە) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، نۆ ئایەتە ، دوای سوورەتی (قیامە) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ (١) الَّذِي جَمَعَ مالاً وعَدَّدَهُ (٢) يَحْسَبُ انَّ مالَهُ اخْلَدَهُ (٣) كلاَّ لَيُنْبَذَنَّ فِي الحُطَمَةِ (٤) وما ادْراكَ ما الحُطَمَةُ ؟ (٥) نارُ اللهِ المُوقَدَةُ (٦) الَّتي تَطَّلِعُ عَلى الأَفْئِدَةِ (٧) اِنَّها عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ (٨) فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ) (٩)

ئەم سوورەتە دەربارەی ئەخنەسی کوڕی شورەیق ، یا وەلیدی کوڕی موغیرە هاتەخوارەوە ، کە زۆر تانەدەرو ناوو ناتۆرە دانەر بوونو ، گەلێ غەیبەتی پێغەمەریان ئەکرد •

خودا ئەفەرموێ : هاوارو وەیل بۆ هەموو ئادەمیزادێکی تانەوەشێنو ناوو ناتۆرە دەرهێنەر ، ئەو کەسە کە ماڵێکی کۆکردوەتەوەو جار لە دوای جار ئەیژمێرێو وا ئەزانێ کە بە هۆی ئەو ماڵەوە ئەمێنێتەوەو هەرگیز نامرێ ، وە یاخود ئەو ماڵەی کردوە بە زەخیرەی ئامادەکراو بۆ رۆژی رەشو کاتی لێقەومان • گومان وا ئەبا کە ئەو ماڵە زۆرە ئەیپارێزێ لە ئازارو نایەڵێ گیرۆدە بێ •

با خەیاڵی وا نەکا کە ئەو ماڵە سوودی هەیە بۆی لە دنیا یا لە قیامەتدا ،

سوودی دنیا بە ئاسایشی دڵە کە ئەو نیەتیو ، بە رزگاریو ســەرفرازی پاشەڕۆژە کە ئەو لێی بێ بەشە • بێگومان لە رۆژی خۆیدا ئەخرێتە نــاو (حطمە) ، تۆ چووزانی حوطەمە چیە ؟! ئاگرێکــە لە لایـــەنی خوداوە هەڵگیرساوە بۆ سزادانی پیاوانی یاخیو بێباوەڕ • ئاگرێکی وەهایــە ئەگاتە ناوەڕاستی دڵ ، دەرگای ئەو ئاگرە داخراوە لەسەر ئەوانە وان لــە ناویدا ، لە کاتو حاڵێکدا کە ئەوانە سەرباری ئاگرەکە وان لــە کۆتێکی درێژی راکێشراودا •

واتە ئەو ئادەمیزادە تانەدەری ناوو ناتۆرە دروستکەرانە ئەخرێنە ناو هۆدەیەکی قەپاتی دەرگا داخراوەوەو ، پێکانیان ئەخرێتە ناو کۆتەوەو ، ئەو کۆتە درێژەو ، بەشی زۆر کەس ئەکاو ، ئەو هۆدە پڕ ئەکرێ لــە ئاگرو دەرگاکەیشی لەسەر ئەو کەسانە دائەخرێ وان لە ناویدا • پەنا بە خودا لە هۆدەو کۆتو ئاگری وەها !

سووره‌تی فیل ، له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، پێنج ئایه‌ته ، دوای سووره‌تی (الکافرون) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِاَصْحَابِ الفِيلِ ؟ (١) اَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) واَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْراً اَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ ؟) (٥)

ئایا نازانی خودای عادل‌و دادگه‌ر چۆن کارێکی کرد به‌و میرو سوپای خاوه‌ن فیله ؟ ئایا ئه‌و ده‌سته‌و به‌سته‌و ئه‌و فڕوفێڵه که بۆ وێرانکردنی که‌عبه‌یان دانابوو خودا نه‌یکرد به کارێکی زایه‌ی بێ‌سوودو ؟ ئایا سوپایه‌ك له په‌له‌وه‌ری (طیرا ابابیل)ی به پۆل‌پۆل به‌هه‌وادا فڕیوی بۆ نه‌ناردن که چه‌ند ورده به‌ردێکی له جۆری (سه‌نگی‌گڵ)یان بۆ فڕه‌ئه‌دان‌و ئه‌و به‌ردانه ئه‌یان‌دا له سه‌ری ئه‌و سوپایه‌و ئه‌چوونه ناو ده‌ماخ‌و سکیان ؟

واته زه‌هرێکی لی په‌یدابوو کاری له ناوسك‌و مێشکی ئه‌وان کردو ، وجوودی ئه‌وانی چۆڵ‌کرد له ده‌ماخی ساغ‌و ناوسکی په‌رداخ‌و کردنی به کاو قومامێ که ئاژه‌ڵ له ده‌میدا جاوییێتی‌و کاوێژی کردبێ .. له‌شی سه‌ربازه‌کانی ئه‌و سوپایه وای به‌سه‌رهات . یانی هه‌موویان دارزان .

ده‌گێڕنه‌وه : له‌و ساڵه‌دا که حه‌زره‌تی محه‌مه‌د ـ د ـ له‌دایك‌بوو

ئه‌بره‌هه‌ی کوڕی صه‌باحی ئه‌شره‌م ـ که له لایه‌نی ئه‌صحـه‌مه‌ی پاشـای حه‌به‌شه‌وه کرابوو به والی ولاّتی یه‌مه‌ن ـ کلیسایه‌کی له شاری صه‌نعـاء دروست‌کردو ، ناوی نا (قلیس)و ، ویستی ئه‌وانه که ئه‌ڕۆن بۆ حـه‌جی (که‌عبه) وه‌ریان‌بگێڕێو روویان بکاته زیاره‌تی ئه‌و کلیسایه‌و ده‌نگوباسی که‌عبه نه‌مێنێ • جا پیاوێ له هۆزی که‌نانه رۆیشت شه‌و له ناویدا دانیشت‌و پیسی تێکردو پیسی کرد !

کاتێ ئه‌بره‌هه به‌وه‌ی زانی قاری له عه‌ره‌ب‌و شوێنی عیباده‌تی عه‌ره‌ب، که که‌عبه‌یه ، گرت‌و ، سوێندی خوارد : ئه‌بێ که‌عبه بڕووخێنێ‌و وێـرانی بکا !بۆ ئه‌م مه‌به‌سته سوپایه‌کی گه‌وره‌ی رێکخست‌و دوو فیلی له‌گه‌ڵ ئه‌و سوپادا نارد ، یه‌کێ له فیله‌کان ناوی مه‌حموود بوو •

رۆیشتن تا نزیکی مه‌کـه بوونه‌وه ، له‌وێـدا هه‌رکاتێ فیله‌کانیـان رووئه‌کرده حه‌ره‌می مه‌که ئه‌نوستن‌و هه‌ڵنه‌ئه‌سان • وه کاتێ روویان ئه‌کردنه جێـگه‌یه‌کی تر به په‌له ئه‌ڕۆیشتن • جا خودای ته‌عالا له نزیکی مه‌که‌دا چه‌ن پۆل له‌و (**طیرا ابابیل**)**ه‌یه به‌ مه‌ریانا خسته هه‌واو هه‌ر یه‌کێ** له‌و باڵندانه به فه‌رمانی خودا سێ به‌ردی پێ‌بوو : یه‌کێ به ده‌نووکیه‌وه، دوان به‌هه‌ردوو پێیه‌وه ، له هه‌واوه ئه‌و به‌ردانه‌یان ئه‌خسته‌خواره‌وه به‌سه‌ر سـوپاکه‌ی ئه‌بره‌هه‌دا ، کاری ئه‌و به‌ردانه وه‌هابوو هه‌ر له سه‌ریانه‌وه تـا ناوسـکی دائه‌ڕزاندن‌و ئه‌مردن • به‌م جۆره خودا ئه‌و سوپایه له‌ناوبردو ، شـاری مه‌که‌و ماڵی خودا له سته‌میان پارێزرا •

سووره‌تی قوره‌یش ، له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، چوار ئایه‌ته، دوای سووره‌تی (تین) هاتوه‌ته‌خواره‌وه .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(لِإِيلافِ قُرَيْشٍ (١) إِيلافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ (٢) فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هذا البَيْتِ (٣) الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ ، وآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ) (٤)

هه‌ندێ فه‌رموویانه (جار)و (مه‌جروور)ی (لایلاف قریش)به‌سراوه به (فجعلهم کعصف ماکول)ی کۆتایی سووره‌تی پێشوه‌وه ، وه هه‌ندێ تر ئه‌ڵێن : په‌یوه‌ندی به فه‌رمووده‌ی خودا (فلیعبدوا)وه هه‌یه .

واته : بۆ خاتری ئه‌وه که هۆزی قوره‌یش خوو بگرن به هاتوچۆ کردنه‌وه له زستانا بۆ ولاّتی یه‌مه‌ن‌و له هاوینا بۆ شام ئه‌م کاره‌ساته‌م به‌سه‌ر (اصحاب الفیل)دا هێنا تا ئه‌وان له‌ناو بچن‌و سه‌ر له ولاّته‌که نه‌شێوێنن . وه له واقیعدا حیکمه‌ت پارێزراوی شاری مه‌که بوو له‌به‌ر پارازتنی خانه‌دانی (عبدالمطلب) بۆ خزمه‌تکردنی حه‌زره‌ت ـ د ـ له‌و شوێن‌و جێگه‌دا ، چونکه حه‌زره‌ت له‌و ساڵه‌دا له‌دایك‌بوو .

وه به گوێره‌ی ته‌رکیبه‌که‌ی تر ماناکه‌ی وایه : با ئه‌م گه‌له به‌نده‌یی بۆ خودا بکه‌ن له‌به‌ر ئه‌و هه‌موو نیعمه‌ته که پێیداون‌و ناژمێررێن ، ئه‌گه‌ر له‌به‌ر ئه‌وانه به‌نده‌یی بۆ ناکه‌ن با به‌نده‌یی بۆ بکه‌ن له‌به‌ر هێنانی ره‌حمه‌تی خوداو

له‌به‌ر مانه‌وه‌ی خوویان به کاسبیو بازرگانی خۆیانه‌وه له زستانو هاوینا که خودا داویه‌پێیان هه‌تا به‌نده‌یی بکه‌ن بۆ په‌روه‌ردگاری ئه‌و ماڵه به‌ڕێزه که عاله‌می موسوڵمان لــه هــه‌موو لایه‌که‌وه ئه‌چن بۆ لاییو بــه ده‌وریــدا ئه‌خولێنه‌وه ، ئه‌و خودایه که به هۆی بازرگانیو هاتوچۆی خۆیانه‌وه‌و ، به هۆی هاتنی خه‌ڵکه‌وه بۆ لای ئــه‌و مــاڵه پیرۆزه خوارده‌مه‌نیو ژیواری پێداونو هێمنی کردوونه‌ته‌وه له ترسی سته‌مکاره‌کان وه‌کوو ئه‌بره‌هــــه‌و سته‌مکاره‌کانی تر •

سوورەتی (ماعوون) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، حەوت ئایەتە ، دوای سوورەتی (تکاثر) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ؟ (١) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (٢) وَلا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (٣) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ) (٧)

ئەم سوورەتە دەربارەی ئەو کافرە دڵڕەقە سەرسەختە نابارانە هاتوەتە خوارەوە کە بێباوەڕییان بەرابەر بە دین دەردەبڕنو ، هیچ بەزەیی لە دڵیاندا نیە ، هەر وەها بۆ ئەوانەیش کە دووڕوو دوودڵنو ، نوێژەکانیان بۆ دیمەنو بەرچاوی دەکەنو ، چاکە لەگەڵ داماواندا ناکەنو ، خێریان لێ دەگرنەوە•

ئەفەرموێت : هــەواڵم پێ بــدە لە حاڵی ئەو کافرە دڵڕەقە وەکوو ئەبوجەهلو وەلیدی کوڕی موغــیرەو هاووێنەکانیان •• ئەو کافرە کــە بێباوەڕی بەرابەر بەدین دەردەبڕێو ، ئەو کافرە کە دەســت بــە رووی هەتیوی بێکەسەوە دەنێو ، خاوەن ماڵان هان نادا بۆ ئەوە ماڵی خۆیان لە ڕێگەی خودادا سەرف بکەنو ، دەسگورۆیی هەژارو بێگوزەرانان بکەن ؟ جا کە زانیتان حاڵی ئەمانە زایەو بێمایەو پووچەو ئەنجامی سزاو بەدبەختییە ••• بزانن وەیلو هاوارو ماڵکاولی بۆ ئەو نوێژکەرانەیش کــە لە خودی کردنی نوێژەکەدا بێهۆشی ئەکەنو نوێژەکانیان ناکەن ، وە ئەوانەیش ئەگەر جارجارێ نوێژێ بکەن ئەوە ریا ئەکەنو دیمەنبازی لە نوێژەکەدا ئەکەنو،

مەبەستیان خوداپەرستی نیە • لەگەڵ ئەوەیشدا کە نوێژ ناکەن‌و لە بەندەیی خودا بێ‌بەشن یارمەتی داماوان نادەن‌و ، پێویستی دەرودراوسێ‌و بێ‌نەوایان جێ‌بەجێ ناکەن •

(ماعون) بە مانا دارایی‌و ، خێرو چاکەو ، کاسەی پڕ لە چێشت‌و ، وردەبابەتی ناو ماڵیش هاتوە • لێرەدا هەموویان دەست ئەدەن •

وە هەندێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە : مەبەست لە (ماعون) یارمەتیدانی داماوە بە هەر شێوەیێ بێ •

وە هەندێکی تر فەرموویانە : مەبەست هەر شتێکە کە مەنعکردنی لە عورف‌و عادەتدا حەلاڵ نەبێ وەکوو : ئاوو دۆو ، خوێ‌و ، هەویرترش‌و ، هەوێن‌و ، چەند نانێ لە کاتی پێویستیدا •

وە ئەبێ بزانن پێویستی خزمەتکردن لە دینا هەمووی یاسای تایبەتی هەیە • بۆ نموونە کاتی پێویستی تەورو ، تەوراس‌و ، تەشوێ بدەی بەوانە ئیش‌و کاریان لە کێوو هەردایە • یا شەن‌و ، داس‌و ، کەرەسەی درەوو خەلەو خەرمان بدەی بە یەکێ کە بەو ئیش‌و کارەوە خەریکە • وە یاخود کاسەو ، قاپ‌و ، قاچاخ‌و . لەمپای جوان بدەی بە دراوسێی خۆت . بەوانە کە پێویستیان بەو شتانە بێ‌و ، لە هەمان کاتدا خۆت ئیشت پێیان نەبێ‌و ، ئەو کەسەیش وەریان ئەگرێ راساڵ‌و دەست‌پاك بێ ، ئەگەرنا شتێ خۆت ئیشت پێی‌بێ ، وە یاخود یارۆی وەری‌ئەگرێ کەم‌تەرخەمەو شتەکە ئەباو نایداتەوە. لەم کاتانەدا ئادەمیزاد بەر سەرزەنشتەکە ناکەوێ •

هەرچۆن بێ لە رەوشتی بەرزی موسوڵمانە بەگوێرەی تەوانا یارمەتی کۆمەڵی خۆی بداو ، دەستی داماوان بگرێ ؛ چونکە یارمەتیدان لەکاری خێرا پاداشی گەورەی هەیە •

سوورەتی (کەوثەر) ، بە قسەی ئیبن‌و عەبباس‌و موقاتیل‌و کەلبی لە سوورەتە مەکەییەکانە. بە قسەی عیکریمەو موجاهیدو قەتادەیش لە مەدینەییەکانە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (١) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (٢) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ) (٣)

عەبدوڵڵای کوڕی حەزرەت ــ د ــ لە شاری مەکەدا لە دنیا دەرچوو، دوای لە دنیادەرچوونی ئەو کوڕە ڕۆژێ عاصی کوڕی وائیل لەگەڵ حەزرەتدا راوەستابوو : لە پاشان پرسیاریان لێکرد : ئەوە لە کوێ بووی ؟ ئەویش وتی : لە لای فلانەکەسی (ابتر) واتە بێ کوڕو وەجاخ‌کوێر بووم ! (مەبەستی ئەوە بوو کە لەلای حەزرەت بوە) .

وە هەندێ تر دەڵێن : دوای کۆچی دوایی ئیبراهیمی کوڕی حەزرەت لە شاری مەدینەدا هاتوەتەخوارەوە ، کاتێ کە مونافیقەکان وتیان : محەمەد (ابتر)ە ــ وەجاخ‌کوێرە ــ .

هەرچۆن‌و هەرکامیان بێ خودا بەم سوورەتە دڵخۆشی حەزرەت ئەداتەوەو ئەفەرموێت : ئێمە (کەوثەر)مان دا بە تۆ کە جۆبارێکە لە بەهەشتدا .

بوخاری لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە : کەوثەر جۆگەیەکە لە بەهەشتدا قەراخی جۆگەکە لە هەردوو لاوە ئاڵتوونەو ناو جۆگەکە لە دوڕو یاقووتەوە،

ئاوەکەی لە هەنگوین شیرینترەو لە بەفر سپیترەو ، زەویەکەی لە میسك بۆنخۆشترە •

وە هەندێ فەرموویانە : (کەوثەر) بە مانا خێری زۆرەو ، هەرچی مەعناکانە بەر ئەم مەعنا ئەکەون • وەکوو : پەیامو ، پێغەمەرێتیو ، ئیسلامو ، یارانی زۆرو ؛ دەوامی گەڵو شوێنکەوتووانیو . رێکەوتنی قورئانی پیرۆز بە فەصاحەتو بەلاغەتەوە •••

دەی نوێژە فەرزەکانت لە کاتی خۆیاندا بۆ خودای خۆت بکە •• وە یاخود نوێژی جەژن بکە بۆ خودای خۆتو . وشتری قوربانی سەرببڕە ؛ بە راستی دوژمنو ناحەزانی تۆ وەجاخکوێرن •

ئەنەس ـ خ ـ ئەفەرموێ : حـەزرەت ـ د ـ حـەیوانی قوربانی سەرئەبڕی ئەوسا نوێژی جەژنی ئەکرد • جـا خودا فـەرمووی : نوێژی جەژنەکەت بکەو لە پاشان قوربانی سەرببڕە •

وە سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێت : نوێژی بەیانی لە (جمع)دا کە (مزدلفە)یە بکەو ؛ قوربانی لە (منی)دا بکە •

هەروەها سەعید ئەڵێ : ئەم ئایەتە لە (حدیبیە)دا هاتەخوارەوە • کاتێ کە رێگەی تەوافی کەعبە لە حەزرەت گیرا • جا خودا فەرمانی پێدا : کـە نوێژ بکاو . حەیوان سەرببڕێو ، ئیحرامی عومرەکەی دابنێو ، بگەڕێتەوە بۆ مەدینە •

وە لە ئیبنوعەباسەوە دەگێڕنەوە مانای وایە : نوێژ بکەو ، دەستەکانت بەرزبکەرەوە بۆ سەرسنگت ، واتە : دەستی راستت لەسەر دەستی چەپت دابنێو هەردوکیان لەسەر سنگت دانێ •

وە سەعیدی کوڕی جوبەیرو ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و ، شــافیعی ئەفەرموون : نوێژکەر دەستەکانی لە ژوور ناوك‌و ژێر سینەیدا دائەنێ •

وە هەندێ تر دەفەرموون : لە خوار ناوکیەوە دایدەنێ •

وە هەندێ لە زاناکان فەرموویانە : دەســـتگرتن لە نوێـــژا لە بابی ئیستراحەت‌و (اعتماد)ە • نە لە فەرزاو نە لە سوننەتدا نیە • وە هەندێ دەڵێن : لە فەرزا هەیە بەڵام لە سوننەتدا نیە ، چونکە ســـوننەت جێگـــەی روخصەتە •

وە ئیمامی شافعی ئەڵێ : لە فەرزیش‌و لە سوننەتیشدا هەیە • وە ئەمە راستە ، چونکە لە حەدیثدا ثابت بوە کە حەزرەت ـ د ـ لـە نوێژدا دەستی راستی لەسەر دەستی چەپی داناوە بەو شـــێوە کە زانایانی شـــافیعی بەیانیان‌کردوە •

بە هەرحاڵ تەفسیری (فصل لربك وانحر) بـــە نوێژی جـــەژن‌و قوربانی‌کردن لە پاش نوێژ پاڵپشتی ئەوە ئەکا کە ئەم سوورەتە لە مەدینەدا هاتبێتە خوارەوە •

سووره‌تی (کافرون) له سووره‌ته مه‌که‌ییه‌کانه ، شه‌ش ئایه‌ته،دوای سووره‌تی (ماعون) هاتوه‌ته‌خواره‌وه •

بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحِيمِ

(قُلْ : يا اَيُّها الْكافِرُونَ ! (١) لا اَعْبُدُ ما تَعْبُدونَ (٢) وَلاَ اَنْتُمْ عابِدُونَ ما اَعْبُدُ (٣) ولا اَنَا عابِدٌ ما عَبَدْتُمْ (٤) ولا اَنْتُمْ عابِدُونَ ما اَعْبُدُ (٥) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ) (٦)

ده‌گێڕنه‌وه که کۆمه‌ڵێ له قوره‌یش وتیان . ئه‌ی محه‌مه‌د ئێمه به‌نده‌یی بۆ خودای تۆ ئه‌که‌ین‌و تۆیش ساڵێ به‌نده‌یی بته‌کانی ئێمه بکه • جا ئه‌م سووره‌ته هاته‌خواره‌وه‌و خودا فه‌رمووی : ئه‌ی ره‌هبه‌ر ! پێیان‌بڵێ : ئه‌ی کافران هه‌رگیز من ئه‌وه ناپه‌رستم که ئێوه ئه‌یپه‌رستن ؛ وه ئێوه‌یش په‌رستیاری ئه‌و خودایه ناکه‌ن که من ئه‌یپه‌رستم ؛ وه منیش هه‌رگیز په‌رستیار نیم بۆ ئه‌وه‌ی که ئێوه ئه‌یپه‌رستن • وه ئێوه‌یش نابن به په‌رستیار بۆ ئه‌و خودایه من په‌رستیاری ئه‌وم • دینی خۆتان بۆ خۆتان‌و ، دینی خۆم بۆ خۆم•

سوورەتی (نەصر) لە (حجة الوداع) دا لە مونا هاتوەتە خوارەوە ، بۆیە لە مەدینەییەکان ژمێرراوە . ئەمە دوا سوورەتێکە لە قورئــان هاتوەتەخوارەوە . سێ ئایەتە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(اِذَا جاءَ نَصْرُ اللهِ والفَتْحُ (١) ورَاَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللهِ اَفْوَاجاً (٢) فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ واسْتَغْفِرْهُ ، اِنَّهُ كانَ تَوَّاباً) (٣)

گەلێ کەس فەرموویانە : ئەم سوورەتە لە پێش گرتنی شاری مەکەدا هـاتوەتـەخـوارەوەو ، خـەبـەردانـە بـە نزیکبوونـەوەی کۆچی دوایی حەزرەت ـ د ـ .

لە ئیبن‌وعومەرەوە ـ خ ـ دەگێرنەوە کە ئەم سوورەتە لە مونادا لــە کاتی (حجة الوداع)دا هاتوەتەخوارەوە . دوای ئەمە ئایەتی : (الیوم اکملت لکم دینکم ، واتممت علیکم نعمتی ..) هاتوەتەخوارەوە . دوای ئەمانــە حەزرەت هەشتا رۆژ ژیاوە ، لە پاشان ئایەتی (کەلالە) هاتەخوارەوە ، دوای ئەوە پەنجا رۆژ ژیا . ئەمجار ئایەتی : (لقد جاءکم رسول من انفسکم ...) هاتەخوارەوە . پاش ئەوە سی‌وپێنج رۆژ ژیا . جا ئایەتی : (واتقوا یومــا ترجعون فیە الی اللە ...) هاتەخوارەوەو لە پاش ئەوە بیست‌ویەك رۆژ ژیا . لەم باسەدا قسەی تریش هەیە .

جا ئەفەرموێ : لە کاتێکدا یارمەتی‌و نەصرەتی خودا بۆ موسوڵمانان هات‌و ، شاری مەکە گیراو ، چـاوت‌پێکەوت عەرەبەکان کۆمەڵ‌کۆمــەڵ هاتنە ریزی موسوڵمانانەوەو ئایینی خودایان وەرگرت .. ئەم جارە نوێژ بۆ

خودای خۆت بکەو سوپاس‌و ستایشی بکەو ، داوای لێ‌خۆشبوونی لێ‌بکە، خودا تەوبە قەبوڵ ئەکاو زۆر ئەگەڕێتەوە بۆ لای بەندەکانی خۆی بە وەرگرتنی تەوبەیان •

لە عائیشەوە ـ خ ـ دەگێڕنەوە دەفەرموێ : پێغەمەر ـ د ـ لە سوجدەو روکووعدا زۆر جار ئەیفەرموو ، (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك ، اللهم اغفرلی •• یتأول القرآن) • واتە رەفتاری بە مەعنای (فسبح بحمد ربك واستغفره) ئەکرد •

لە ئیبن‌وعەبباسەوە ـ خ ـ دەگێڕنەوە ئەڵێ : عومەری کوڕی خەطاب لە ناو ئەصحابە پیرەکانی (بەدر)دا دایئەنام • وا دیار بوو هەندێ لەوان شتێ کەوتبوە دڵیانەوە ، وەك بڵێن : ئەم منداڵە بۆچی دێتە ناو ئێمەوە ؟ ئێمە کوڕی وەهامان هەیە : جا عومەر ـ خ ـ بیستبوویەوەو فەرمووی : راستە وەکوو وتوویانە منداڵە • جا رۆژێ بۆ وەڵامی ئەو قسە ئیبن‌وعەبباس بانگ ئەکاو لە ناو ئەصحابەکاندا دایئەنێ ، دوایی دەربارەی مەعنای (اذا جاء نصر الله والفتح) پرسیاریان لێ‌ئەکا • جا هەندێکیان فەرموویان : مانای وایە فەرمانمان پێدراوە کە سوپاسی خودا بکەین‌و،داوای لێ‌خۆشبوونی لێ‌بکەین کە یارمەتی داین‌و ، وڵاتمان گرت‌و لە کوفر پاکمان‌کردەوە • هەندێکیشیان بێ‌دەنگ بوون •

جا عومەر بە ئیبن‌وعەبباسی فەرموو : تۆیش وا دەڵێی ؟ ئیبن‌وعەبباس فەرمووی : نەخەیر • فەرمووی : ئەی چۆن ؟ ئەڵێ : وتم : نەخەیر ئەو سوورەتە باسی هاتنی ئاکامی حەزرەت ئەکا کە خودا هەواڵی پێداو فەرمووی : (اذا جاء نصر الله ـ وذلك علامة اجلك ـ فسبح بحمد ربك واستغفره ، انه كان توابا) • ئەوسا عومەریش فەرمووی : منیش لە مەعنای ئەم ئایەتانەدا جگە لە مەعناکەی (ئیبن‌وعەبباس) شتێ تر نازانم •

سوورەتی (مسد) لە سوورەتە مەکەییەکانە ، پێنج ئایەتە ، دوای سوورەتی (فاتحة) هاتوەتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(تَبَّتْ يَدا اَبي لَهَبٍ ! وتَبَّ (١) ما اَغْنى عَنْهُ مالُهُ ومـا كَسَبَ (٢) سَيَصْلى نَاراً ذاتَ لَهَبٍ (٣) وامْرَأَتُهُ حَمَّـالَةَ الحَطَبِ (٤) في جِيدِها حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ) (٥)

ئیبن‌وعەبباس ئەفەرموێ : کاتێ ئایەتی (وانذر عشـيرتك الاقربين) هاتەخوارەوە پێغەمەر ـ د ـ رۆیشت هەتا چوە سەر تەپۆلکەی صـەفاو بانگی کرد : (یا صباحاه !) ئەمە شێوەی بانگکردنی سەردەمی نەزانی بوە، لە کاتی کارەساتی نابارو رووداوی گرنگا بەم شێوە خەڵکیان ئاگادارکردوە. جا پێغەمەر ـ د ـ بەو بانگە خەڵکی کۆکردەوەو دوای کۆبوونەوەکەیان فەرمووی : ئەگەر من پێتان بڵێم : وا چەن سوارێکی دوژمن لە رووی ئەم کەژەوە دەرچوون باوەڕم پێ ئەکەن ؟ وتیان : ئێمە لەمەوبەر درۆمـان لێ نەبیستووی . فەرمووی : دەی من ئیستە ترسێنەری ئێوەم‌و لە سزایەکی زۆر سەختتان ئەترسێنم ! لەوێدا (أبو لهب) وتی : (تبا لك ! ألهذا جمعتنا ؟!) دوای ئەوە هەستاو رۆیشت . جا سوورەتی (تبت یدا ابی لهب) لە ذەم‌و دۆعای شەڕا لە ئەبولەهەب هاتەخوارەوە .

واتە : یاخوا دەستەکانی ئەبولەهەب وشك بین ! وە ئەمە کینایەیە لە لەناوچوونی خۆی . واتە ئەبولەهەب بمرێ‌و بڕواو شوێنەواری نەمێنێ .

وە لەبەر ئەوە وتبووی ئەگەر راست بێ بە هۆی محەمەدەوە سزایێ بێت بەسەرما من بە ماڵو دارایی فیدیەی خۆم ئەدەمو ، منداڵەکانیشم یارمەتیم ئەدەن • جا خودا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوە فەرمووی : یاخوا هەر ماڵێ ئەو هەیەتیو هەر شتێ ئەو کردوویە هیچی بە کاری ئەو نەیێو سـوودی بۆی نەبێ • لەمەولا ئەچێتە نـاو ئاگرێکی بلێسـەدارەوە • وە ژنـەکەیشی (ام جمیل)ئەو ژنە کە کۆڵەدار هەڵئەگرێ . یانی کاتی خۆی بە منـداڵی هەڵی گرتوە • یان داری ئاگری فیتنە هەڵئەگرێ • یاخود کۆڵە زریسکو درِك ئەبا لە رێگەی حەزرەتا دایئەنێ بۆ ئەوە تووشی برینو ئازار ببێ • ئەو ژنە گوریسێکی شریتی لیفی دارخورمای لە ملدایە •

ئەم ژنە لەناو خەڵکدا تانەی لە حەزرەت ئەدا بەوە کـە کاتی خۆی هەژارو بێ باوکو گەدا بوە • وە خودا بەم ئایەتە پیرۆزە بەرابەر بەو تانەی ئەوە تانە ئەدا لە (ام جمیل)و ئەفەرموێت : ئەم ژنە کە تانە لە خەڵك ئـەدا بۆ تەماشای خۆی ناکا کە شریتی لە ملدایەو کۆڵەدار ئەکێشێ ؟ وە هەر جارێ بە کۆڵەدارەوە بوو خنکاو مرد ••

سوورەتی (اخلاص) ، لە سوورەتە مەکەییەکانە ، چوار ئایەتە ، دوای سوورەتی (ناس) هاتوەتەخوارەوە •

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قُلْ : هُوَ اللهُ اَحَدٌ (١) اللهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ ولَمْ يُولَدْ (٣) ولَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً اَحَدٌ)(٤)

لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە ـ خ ـ دەگێڕنەوە : کافرەکان بە حەزرەتیان وت : نەسەبی خودامان بۆ بەیان بکە • جا خودا ئەم سوورەتەی ناردەخوارەوە •

واتە : ئەی رەهبەری خۆشەویست تۆ لە وەڵامی پرسیاری ئەو کافرانەدا بڵێ : ئەو کەسە کە ئێوە پرسیار لە چۆنێتی دەکەن زاتێکی وایە دارای هەموو صیفەتی کەماڵەو ، دوورە لە هەرچی کەمو کووڕی هەیەو ، ناوی دیاری ئەو (الله)یەو ، تاكو تەنیایەو ، دوورە لە هەموو ژمارەیەك لە خۆیو لە هاوڕێدا • واتە نە خۆی بەشو پارچەی هەیە وەکوو کەللە شەکرێ بکرێ بە چەن پارچەوە ، وە نە هاوڕێی هەیە لە زاتا یا لە صیفاتا یا لە کردەوەدا • یانی زاتێکی تر نیە ئەویش خودا بێو خاوەن کارو کردەوە بێ لە جیهانا بە کەم یا بە زۆر • نە کەس هەیە صیفەتی وەکوو خودا بێو نە کەس هەیە کە بتوانێ کارو کردەوەی وەکوو خودا بکا •

ئەم مانایە لەسەر ئەوە بوو کە (هو) بگەڕێتەوە بۆ ئەو شتە کە کافران پرسیاریان لێ کرد • وە ئەگەر ضەمیری (شأن) بێ وەکوو مەشهوورە ،

ئه‌وه مه‌عنای وایه تۆ بڵێ : شتێکی خاوه‌ن ئه‌همیه‌تی راست هه‌یه که بریتییه له‌وه که (الله احد)ه یانی ئه‌و زاته که ناوی (الله)یه تاقه‌و ته‌نیایه له زاتاو لـه صیفاتاو له کرده‌وه‌دا . وه ئه‌و زاته که ناوی (الله)یه (صه‌مه‌د)ه ، واتـه گه‌وره‌یه‌که چی له کائیناتایه ــ بێجگه له خۆی ــ بۆ لای ئه‌و ئه‌گه‌رێنه‌وه‌و په‌نای بۆ دێنن له به‌جێ‌هێنانی هه‌موو پێویستییه‌کداو ؛ ئه‌و نیازی به هیچ که‌س نیه .

وه ئه‌و زاته که ناوی (الله)یه که‌سی لێ‌نه‌بوه‌و نه‌که‌وتوه‌ته‌وه‌و نه‌ته‌وه‌ی نیه نه کوڕو نه کچ ؛ چونکی نه‌ته‌وه بۆ یه‌کێ پێویسته هاوجینس‌و هاونه‌وع بێ له‌گه‌ڵ ئه‌و نه‌ته‌وه‌دا ؛ وه خودا هاونه‌وع‌و هاوشێوه‌ی که‌س نیـه . وه نه‌ته‌وه بۆ یه‌کێ پێویسته خۆی نه‌مانی به‌سه‌ردا بێت‌و بۆ مانه‌وه‌ی رشته‌که‌ی رۆڵه‌ی پێویست بێ . وه خودا نه‌مره‌و هه‌ر ئه‌مێنێته‌وه هه‌تاهه‌تایه . وه ئه‌و زاته که ناوی (الله)یه له‌که‌س نه‌بوده‌و نه‌هاتوه ؛ چونکی خۆی قه‌دیمـه‌و ئه‌زه‌لییـه‌و نه‌بوونی نه‌دیوه‌و (واجب الوجود)ه له ئه‌زه‌ل تـا ئه‌بـه‌د . وه ئه‌و زاته که ناوی (الله)یه له کائیناتا هیچ که‌سێ هاوپایه‌و هاوێنه‌ی نیه‌و ، دووره له صیفاتی هه‌رچی کائیناته . ماده نیه ، زه‌مانی نیه ، شوێنی نیـه ، به‌ڵکو زاتێکی (واجب الوجود)ی تاك‌و ته‌نیایه .

خودا مه‌وجووده (واجب الوجود)
بوه‌و هه‌ر ئه‌بێ مه‌عبووده‌و مه‌قصوود
ماده : که‌ثیفه ، یاخود له‌طیفـــه ،
نیســـبه‌ت بـه‌و زاته هه‌موو که‌ثیفه
خودا له‌طیفـه نه‌ك به‌و مه‌عنـــایه
مه‌علوومـه لـه لای دڵێ دانایـــه
لـــه موم‌کیناته زانســتی زاتی
زانســتی جیلوه‌ی نووری صیفاتی

بۆ خاوەن شانێ لە پێغەمەران
یا پڕ عیرفانێ لە ناو ڕەهبەران
(وجوه یومئذ ناضرة)
(الی ربها المولی ناظرة)
بو (فعلیات)ە کاتی ئەو دنیا
بائیمکانی بێ لە ڕووی ئەم دنیا
بەم یاسایە بوو جیلوەی ئەحەدی
شەوی میعراجی زاتی ئەحمەدی
دروودی خودا بە ملیار ملیار
بۆ خۆیو ئالو یارانی ئەخیار
(نامی) هەر ساتێ باسی ئەو ئەکا
ئیحساس بە جیلوەی نووری ئەو ئەکا

لێرەدا چەن باسێ هەیە :

یەکەم : لە ئوصوولی دینا بیست صیفەت بۆ خودا بەیانکراوە • یەکێکیان صیفەتی (نەفسی)یە کە بریتییە لە (وجود) • پێنج صیفەتی سەلبی کە بریتین لە : وەحدەتو ، قیدەمو ، بەقاو ، (قیام بالذات)و ، (عدم مماثله)ی حەوادیث • حەوت صیفەتی زاتی کە بریتین لە : حەیاتو ، عیلمو ، ئیرادەو ، قودرەتو ، سەمعو ، بەصەرو ، کەلام • وە ئەمانە صیفاتی مەعانیشیان پێئەڵێن • وە حەوت صیفاتی مەعنەوی کە بریتین لە نکاندنی ئەم صیفەتانە بە زاتی خوداوە ، وەکوو : بوونی خودا بە : (حی)و (عالم)و (مرید)و (قادر)و (سمیع)و (بصیر)و (متکلم) • ئەم صیفەتانە هەموویان لەم سوورەتە وەرئەگیرێن •

لەفزی (الله) کە ناوی عەلەمەو خودا بۆ زاتی خۆی داناوەو ، تەعبیر لەو زاتە ئەدرێتەوە بە زاتی جامیع بۆ کەمالات وجوودی زاتی مەوصووف بە

حەوت صیفەتی مەعناو ؛ حەوت صیفەتی مەعنەوی لێ دەرئەکەوێ • وە لە (احد) و (وحدة)و (صمد) قیام بە زات وەرئەگیرێ ؛ وە لە (لم یلد) بە قاو ، لە (لم یولد) (قدم) و لە (لم یکن لە کفوا احد) عەدەمەموماتەلەی حەوادیث •

باسی دوەم : لە حەدیثی پیرۆزدا هەیە کە خێرو پاداشی خوێندنەوەی سوورەتی (اخلاص) بە ئەی خێری سێیەکی قورئانە؛ چونکی قورئان بەش کراوە بە سێ بەش : بەشی یەکەم ئەحکامو ، بەشی دوەم وەعدو وەعیـدو ؛ سێهەم ئەسمائو صیفات • وە سوورەتی (اخلاص) بەشی سـێیەمی بـە تەواوی تێدایە •

وە بۆ ئیثباتی ئەم باسە : لە بوخاریدا دەگێڕێتەوە : کە پیاوێ گوێی لە پیاوێکەوە بوو هەر سوورەتی (قل هو الله)ی ئەخوێندەوە . کـە رۆژی لێ بوەوە هات بۆ لای حەزرەت ـ د ـ ئەم باسەی بۆ گێڕایەوە • واتە ئـەو کابرایە وای ئەزانی دەورکردنەوەی سوورەتی (قل هو الله) بە تەنیا خێری وەهای نیە • جا حەزرەت ـ د ـ فەرمووی : بەوکەسەی کە گیانم لە دەستی ئەودایە ! ئەم سوورەتە وەکوو سێیەکی قورئان وایە •

باسی سێهەم : خودا لەم سوورەتەدا فەرموویەتی : (الله احـــد) وە نەیفەرموو (الله واحد) ؛ لەبەر ئەوە زانایانی زمانی عەرەبی فەرموویانە : کەلیمەی (احد) لە نەفیدا بۆ داگرتنی هەموو ئەفرادی جینسی (احد)ە لە کەمو زۆر بە (اجتماع)و (افتراق) ، واتە بە یەکەوە یا بە جیاجیا ؛ لـــە کاتێکدا بڵێین : (ما جاءنی من احد) یانی نە یەك . نە دوو ، نە سێو نــە بەیەکەوەو ، نــە بە جیاجیا کـــەس نەهاتوە • بەڵام کاتێ بڵێیت : (ماجاءنی من واحد)یانی هیچ تاقەکەسێ نەهاتوە بۆ لامان . بەڵام هەڵئەگرێ بـــە دوودوو یا زیاتر هاتبن •

وە (احد) لە (اثبات)دا بە مەعنای (استغراق)و داگرتنی وجووهی (احدیة) ە وەکوو لە (روح المعانی)دا لە (ابن سینا) وە دەگێڕێتەوە کــە وتوویە لەفزی احد دەلاڵەت ئەکا لەسەر ئەوە کە خودا لە هەموو بابەتێکەوە تەنیایەو ژمارەو زۆری تێدا نیە ، نە زۆری مەعنەوی کە بریتییە لە جینس‌و فەصل‌و نە زۆری ئەجزای خاریجیە وەکوو ئەجسامی مەحسووس‌و ، نە لە صیفات‌و ئەحواڵدا ٠ کە وابوو (الله احد) دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە خودا تەنهایە لە زاتا ، لە وجوودا ، لە صیفاتا ، لە ئەفعالا ، لە ئەحوالا ٠ واتە نــە هاوبەش‌و ، نە هاوصیفەت‌و ، نە هاوکارو ، نــە هاوحاڵی هەیە ٠ یانی زاتی باری تەنیای (کامل)ەو ، تەوحیدێ لایەق بێ بۆ خودا وا ئەبێ کە بڵێیت هەر ئەو (واجب الوجود)ەو ، هەر ئەو پەروەردگارو خالقەو ، هەر ئەو بەندەیی بۆ ئەکرێ‌و ، هەر ئەو ئەزەلی‌و ئەبەدییە ٠

باسی‌چوارەم : لە ئیسمی ئەعظەمدا قسە زۆر کــراوە ٠ لە شـــێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی : (الله) ئیسمی ئەعظەمە، بەو مەرجە خاوەن دۆعا لەسەر صیفەتە مەقبوولەکانی ئەهلی دۆعــا بێ‌و ، مەرجەکانی دۆعای تێدا بێتە جێ ٠

وە خاوەنی (روح المعانی) ئەڵێ : هەندێ لە پیاوچاکان (هو) بــە ناوی خودا دائەنێن‌و ، ئەو (هو)ە وەکوو ضـــەمیری غائیبە لـــە عورفی عەرەبدا دەلالەت ئەکا لەسەر (هویة)ی موطلەقەی خودا ٠

وە جەلالی دەووانی لە ئیمامی رەببانییەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: هەندێ لە شێخەکان فێریان‌کردووم ئەم ویردە بخوێنم (یا هو من هو ، یا من لا اله الا هو) ٠

رەبی غائیب‌و حاضر هەر ئەتۆی
بەســەر عالەمدا ناظر هەر ئەتۆی

سوورەتی (فلق) ، هەندێ لە زانایان بە مەکەیی دائەنێن‌و ، هەندێ بە مەدینەیی ، وە قسەی دووهەم راستە ، چونکی بۆ دەفعی سیحری یەهوودییەکان هاتەخوارەوە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قُلْ : اَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَقِ (١) مِنْ شَرِّ ما خَلَقَ (٢) وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ اِذَا وَقَبَ (٣) وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي العُقَدِ (٤) وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ اِذَا حَسَدَ) (٥)

تۆ ئەی محەمەد بڵێ : من پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری جیابوونەوەی هەر فەرعێ لە هەر ئەصڵێ : جیابوونەوەی گیا لە تۆم‌و ، رۆڵە لە نوطفەو ، رووناکی بەرەبەیانی لە شەوی تاریك‌و ، ئاوی چاوگەی رەوان لە سەرچاوەی ناو زەوی‌و شیوو کێوان . وە پەنا ئەگرم بەو خودایە کە شادمانی لە پەرێشانی دێنێ‌و ، هێز لە ناتەوانی دروست ئەکاو ، زانست ئەدا بە ئادەمیزاد لە پاش نەزانی‌و ، تەندروستی ئەدا بە ئادەمیزاد لە دوای نەخۆشی ... پەنا ئەگرم بە پەروەردگاری ئەمانە لە شەڕو ئاشووبی هەرچی خودا دروستی‌کردوەو ئەیکا لە دڕندەو ، هارو ، مارو ، ئادەمیزادی ستەمکارو بێ‌شەرم‌و ناهەموار ، وە لە باوبارانی ناکاوو ، ئاگری بە جۆش‌و تاوو . زمانی ئادەمیزادی بەدگۆی خراپ‌و ، لە شەڕی جادووگەران‌و . چاوی چاوپیس‌و بەدچاو .

وە بە تایبەتی لە شەڕی مانگی خاوەن تاو کە لە کەنارەی ئاسمان ون بوو . وە لە شەڕی تاریکەشەو کاتێ تاریکییەکەی زۆر بوو ، چونکی ئەم

کاتانە کاتی هێرشی شەوگەردە لە : دزو ، درِندەو ، دوژمن‌و ، جانەوەرانی سەرزەوی • وە لە شەرِی ئەو ژنە جادووگەرانە کە تف‌و فوو ئەکەن بــە گرێی ئەو داوانەدا کە گرێیان ئەدەن‌و وتاری جادووگەرانەیان بەســەردا ئەخوێننەوە • یا لە شەرِی ئەو کەسانە کە پیشەیان جادووکردنە لە پیاوانو. فوو ئەکەن بە گرێ‌و داوو تاڵەدەزووی بەکارهێنراو لە پیشەی جادووگەریدا.

وە لە شەرِی هەر ئادەمیزادێ حاسید بێ کاتێ کە حەسەدەکەی دەربخاو **زیان بەو کەسە بگەیەنێ کە حەسادەتی پێ‌دەبا بە هەر شێوەیێ کە بکرێ بە دەس ، بە زمان ، بە دارایی ، یا بە هەر شێوەیێ بێ •**

دەگێرِنەوە : کە جوولەکەیەك جادووی لە حەزرەت ـــ د ـــ کردو . یازدە گرێی لە (ژێ)یەك داو لە بیرێکدا شاردیەوەو حــەزرەت ـــ د ـــ نەخۆش کەوت • جا خودا دوو سوورەتی (معوذتین)ی بۆ ناردو ، جوبرەئیل هەواڵی دا بە حەزرەت ـــ د ـــ کە ئەو جادوە وا لە فلان بیردا : حەزرەت عەلی‌ی نارد بۆ ئەو بیرەو ، ئەو ژێ گرێ‌دراوەی دەرهێناو هێنایەوە بۆ لای پێغەمەر ـــ د ـــ ئەو دوو سوورەتیانە بەسەردا خوێندەوەو ، بە خوێندنەوەی **هەر ئایەتێ گرێیەك کرانەوەو حەزرەت بە تەواوی رزگار بوو • والحمد لله •**

تا هەموو گرێکان کرانەوەو حەزرەت بە تەواوی رزگار بوو • والحمد لله •

لەسەر رزگاری مایـەی رزگاری
لەســەر نەجـاتی هۆی بەختیاری

سوورەتی (ناس) جێگەی قسەیە کە مەکەییە یا مەدینەیی، ڕاست وایە کە وەکوو (فەلەق) ئەمیش لە مەدینــــە هاتبێتەخوارەوە ، شەش ئایەتە .

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

(قُلْ : أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (١) مَلِكِ النَّـــاسِ (٢) إِلهِ النَّاسِ (٣) مِنْ شَرِّ الوَسْوَاسِ الخَنَّاسِ (٤) الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ (٥) مِنَ الْجِنَّةِ والنَّاسِ) (٦)

ئەی ڕەهبەر تۆ بڵێ : پەنا ئەگرم بــە پەروەردگاری ئادەمیزاد لــە کاتێکەوە تۆمە ؛ هەتا خوێنە ، هەتا گۆشتی بێ شێوەیە ، تا گۆشــتێکە شێوەی بۆ کراوە ؛ وە تا ئەندامەکانی لەشی جیاکراونەتەوەو گیانی بەبەردا کراوە ، وە تا لە دایکی بووەو هاتوەتە ڕووی جیهانو پلەپلە ماوەی زیندەگانی بەسەربردوەو ؛ هەتا دواهەناســـەی ژیانو گەڕانەوەی بۆ لای خودای میهرەبان .

وەصیفەتی ئەو خودایە وایە وەکوو ضەعیفو لاواز پێئەگەیەنێ پاشای ئادەمیزادی پێگەیشتووی خاوەن هێزو دەستەڵاتیشەو ؛ پاشا لە بەردەستیا وەکوو دیلی دەستبەسراوە . وەهەر وەکوو پاشای ئادەمیزادە ؛ بە تایبەتی خاوەن هێزەکان ؛ پەرستیاریشە بۆ ئەو ئادەمیزادانە کە ڕوویان لە خودایەو دڵیان بە یادی ئەو ئاگایە . پەنائەگرم بەو پەروەردگارە لە شــــەڕی ئەو مەخلووقە کە وتووێژەو خەیاڵاتی پووچو بەتاڵ ئەخاتە ناو دڵی ئادەمیزادەوە؛

ئەو مەخلووقە خاوەن وەسواسە کە پاشەو پاش ئەڕواتە دواوەو هەر کــاتێ یادی خودا بەرانگاری ببێ لەدڵ دەرئەچێ • ئەو (خناس)ە کە وەسوەسە ئەخاتە ناو دڵی ئادەمیزادەوە بۆ ئەوە کە ئەیەوێ رێگەی راســت بگرێو مەنعیان ئەکەن لە بیرو باوەڕی رووناكو کردەوەی چاك • جا خواه ئــەو خاوەن وەسوەسە لە جنۆکە بەدبیرەکان بێ یا لە ئادەمیزادە بەد تەدبیرەکان • پەنا بە خودا لەهەردوو لایان •

بزانن ! سیڕی دووبارەکردنەوەی ناس لەم سوورەتەدا ئەوەیە ئــەو ئینسانە کە زۆر داماوی تەربییەتە ئینسانی منداڵە کە لاوازو بێ حاڵە ، یــا ئینسانی داماوی بێ ماڵە ، وە ئەو ئینسانە کە موناسبی ئیدارەو سیاسەتی پاشایانە ئینسانی بەهێزو بایی‌و خاوەن پایەو مایەیە ، وە ئەو ئینسانە کــە خاوەن تەمــەن‌و بیرو هۆش‌و بەراوردە موناســبی حاڵی عیبــادەتەو لەگەڵ کەلیمەی (اله)دا موافیقە • واتە ئەو سێ لەفزە کە لەسەر یەك شێوەن بەم گوێرە وەك ئەوە وایە مەعنایان جیابێ •

هەروا ترسان لە وەسوەسە لەبەر ئەوەیە کە وەسوەسە دەوامی کــرد ئەبێ بە صیفەتی دامەزراوو ئەبێ بە هۆی کردەوەی خراپ‌و ، دوورکەوتنەوە لە بیرو باوەڕی رووناك‌و کردەوەی چاك ، ئەگەرنا (وسوسه) هــەتا لــە پایەی وەسوەسەدا بێ بە گوێرەی حەدیثی پیرۆز سەرفی نەزەری لێ ئەکرێو جێگەی تۆڵە نیە •

پێغەمــەر ــ د ــ فەرموویــەتی : خودا چاوپۆشی لە گەلەکەم کردوە لەوەی بە دڵیاندا بێت تا بە کردەوە یا بە قسە نەیکەن • خودا پەنامان بداو لە خراپە بمانپارێزێ •

دوا وته

سوپاس بۆ خودا له رۆژی دووشه‌مه‌ی حه‌قده‌ی مانگی (جمادی الثانیة) له ساڵی هه‌زارو سێصه‌دو نه‌وه‌دو نۆی کۆچی . رێکه‌وتی ١٤ی مانگی مایسی ساڵی هه‌زارو نۆصه‌دو حه‌فتاو نۆی زایینیدا له نووسینه‌وه‌ی ئه‌م ته‌فسیری قورئانی پیرۆزه بوومه‌وه ؛ له حوجره‌ی ده‌رس‌وتنه‌وه‌ی مزگه‌وتی شێخ عه‌بدولقادری گه‌یلانیدا ؛ له شاری به‌غدا .

وه پێویسته بزانن له‌م ته‌فسیره‌دا ئه‌وه‌ی به راست‌و به‌هێزم زانیوه نووسیومه‌و ، سه‌رچاوه‌ی نووسینه‌که‌یشم ئه‌م کتێبه ته‌فسیرانه‌ن که له‌م لاپه‌ڕه‌دا ناویان نووسراوه : به‌یضاوی‌و ، حاشیه‌ی شه‌هابی خه‌فاجی . (مفاتیح الغیب) ته‌فسیری ئیمام فه‌خری رازی . (جامع احکام القرآن) ته‌فسیری قورطوبی . (روح المعانی) ته‌فسیری ئه‌بو ثه‌نای ئالووسی . (روح البیان) ته‌فسیری ئیسماعیل ئه‌فه‌ندی (جمل) له‌سه‌ر (جلالین) . صاوی له‌سه‌ر (جلالین) . طه‌نطاوی مه‌شهوور (خازن) . ته‌فسیری (أبو السعود) . (بغوی) . (ابن کثیر) . (مدارك) . جگه له‌مانه‌یش که‌ڵکم له چه‌ند کتێبی شه‌رع‌و مێژووی باوه‌ڕپێکراو وه‌رگرتوه .

مه‌به‌س ئه‌مه‌یه ئه‌گه‌ر شتێکی واتان دی باش نه‌هاته پێش چاوتان بگه‌ڕێنه‌وه بۆ ئه‌م سه‌رچاوانه‌و راستی بدۆزنه‌وه . من خۆم وا دانانێم که هه‌ڵه‌م نه‌کردبێ‌و ، که‌س نیه له‌م مه‌یدانه‌دا له هه‌ڵه دوور بێ ، مه‌گه‌ر یه‌کێ خودا بیپارێزێ .

وه مه‌به‌ستم له نووسینی ئه‌م ته‌فسیره خزمه‌تی : دینه بۆ هاوزمانه‌کانم‌و ،

ئاگربڕیشه له هه‌ندێ شت که هه‌ن له‌ناواو له‌مه‌ولا ئه‌نووسرێن ؛ چونکی تەفسیری قورئان شوێنی ئەوە نیە کە هەرکەسێ بە ئارەزووی خۆی دەمی بۆ ببا • خودا هەموو لایەکمان یارمەتی بدا بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام •

وه من خۆم ناوم عه‌بدولکه‌ریم ، کوڕی محه‌مه‌د ، کوڕی فه‌تاح کوڕی سلێمان ، کوڕی مصطه‌فا ؛ کوڕی محه‌مه‌د • ئه‌مانه له کوردی شاره‌زوورن‌و له هۆزی ناسراو به (هۆزی قازی)ن که دانیشتووی مه‌رکه‌زی ناحیه‌ی شاره‌زوور (سید صادق)و چوارده‌وری ئه‌و مه‌رکه‌زه‌ن •

صه‌د نه‌سه‌ب به فیدای که‌می حه‌سه‌ب بێ
یانی حه‌سه‌بێ له‌گه‌ڵ ئه‌ده‌ب بێ
ئه‌ده‌ب ئه‌وه‌یه به یاسای ره‌هبه‌ر
عومری عه‌زیزت بگات به ثه‌مه‌ر

جا پاش ئه‌مانه به‌م پاڕانه‌وه له خودای (ارحم الراحمين) دوایی به نووسینم دێنم‌و به جۆشی دڵو ده‌روون ئه‌ڵێم :

پاڕانەوە

(یاحی یا قیوم ، واجب الوجود)
سەرچاوەی ئیحسان کانی فەیضڕو جوود
یا پەروەردگار هەموو مەوجوودات
زانا بە ئەحوالْ کوللیو جوزئییات
خاوەن ئیرادەی بوونەوەر هەموو
هەرچی ویستت بوو ، چی نەتویست نەبوو
خاوەن قودرەتی تەوانای رەسا
بە بێ (لیت) و (لو) ، (لعل) و (عسی)
خواستنت بوو لە کار عالەم سەیرانە
کە لای‌دا لە بار عالەم حەیرانە
بە مەیلت جیهان باخو گوڵزارە
بێ مەیلت دنیا مەڵبەندی خارە
بۆ ظوهووری نور (ختم الانبیاء)
دنیا بوو بە جێی ئەنوارو ضیا
کیتابو سوننەت ئیعتیقادی دین
ئوصوولو فورووع بە یاسای ئایین
سەروبەر گۆڕرا رووی زەوی یەکسەر
بوو بە مەدرەسە بۆ بەرزی بەشەر
دەوری کزی هات زاناکان نەمان
کز بوو رشتەی تاك پەیمانو ئیمان
جیهان بوو بە جێی ئاشووبو جیدال
جیدالی بێ سوود سەراسەر ضەلال
ئەویان ئیرادەو رەحمەتی تۆ بوو
ئەمیش هەر خواستو حیکمەتی تۆ بوو

یانـی کـاری تـۆ هەمـووی حیکمـەتە
دووره لـە هەرچی شـوبهەو توهمـەتـە
ئەوەی لـە دڵدا خاوەن شـوعوور بـێ
رووناکـی دڵـی پـڕتـەوی نـوور بـێ
ئەزانـێ هـەر تـۆی دارای کیبریـا
هـەر تۆی تەوانـای لە هەردوو دنیـا
کافـر بـە موئمین ، موئمین بـە کافـر
ظاهیر بـە باطـین ، باطـین بـە ظاهـیر
زەلیل بە عەزیـز ، عەزیز بـە زەلیـل
هەرتـۆی بـە راستی ، نایـەوێ دەلیـل
بەڵـێ ئـەم دنیـا جێگـەی ئەسـبابـە
بەڵام ئەسـبابیشـ لـە لای وەهـابـە
(اذا اردت هیـــأت الاســـباب)
(وان لـم ترد لـم یبـق الحســاب)
سـاخـودا بـە حـەق پەیمـانو ئیمان
دەرگـای تەوفیقت گوشـاد کـە لێمان
تەوفیقمـان بـدە بـۆ سـلووکـی رێ
رێی مەقسـوودی رەزای تـۆی لێبێ
رەبـی بـە بـەهـای کیبریـای زاتت
بـە ئەسـراری فەیض ئەسـماو صیفاتت
ثـەنا بـۆ تۆیـە سـتایش بـۆ تـۆ
سـوپاس بـۆ تـۆیـە نومایش بـۆ تـۆ
درود بـۆ هـەمـوو رەهبەرانـی تـۆ
بـۆ یاوەرانـی دلبـەرانـی تـۆ
مـن بەندەی بـەندی رێی مەبەستی تـۆم
گیرۆدەی داوی بەسـتەی رسـتی تـۆم
لـە تـۆوە گەیـیم بـە بوونـەوەری
بـە مایـەو پایـەو ، بـە بـەهـرەوەری

بە بێنیشانی گەییم بە نیشان
لە بێ شانیەوە گەیشتم بە شان
خوێندم موتاڵای ڕووی ئافاقم کرد
سەیری مەیدانی شای بوراقم کرد
ئاسمانم دی ڕۆژو مانگ هەردوو
ستارەی ئەوجی پرتەوداری تۆ
سەیری سەرزەوی‌و نشیوو باڵا
ڕەنگاو ڕەنگی دەشت بە کاڵاو ئاڵا
حاڵی بووم هەموو فەیضی وجوودن
پرتەوی خواستی زاتی مەعبوودن
بێ گیان‌و گیاندار ، بێهۆش‌و هۆشیار
هەموو ئاثارن بۆ پەروەردگار
بێ ئیرادەی تۆ وجوودیان نابێ
بە بێ جوودی تۆ مەقسوودیان نابێ
ئەوەی نەمدیبوو بە چاوی خەیاڵ
لە پایەو مایەو جاهو شان‌و حاڵ
هەمووت کەرەم کرد بە فەیضی ئیحسان
بۆ ماضی‌و حاڵ‌و موستەقبەل یەکسان
بەرابەر بە گشت ئەم نیعمەتانە
بێ سوپاسیم کرد لە ڕووی زەمانە
بیرو باوەڕی نابوودو لاواز
بەدیشی بە بۆیەی چەن‌ڕازو نیاز
ئەر کارێکم کرد لەم ڕووی جیهانە
هەموو تێکەڵی عەیبی پەنهانە
یانی تێکەڵی خەمیرەی غەشە
بە ظاهیر سپی‌و ، بە باطین ڕەشە
گەر بیانکێشی بە عەدلی میزان
لە هەزارا یەکێناییتە مەیدان

هیچ نەما وەلام وەڵلا وەبیللا
مەر (لا تقنطوا من رحمة الله)

* * *

ساخودا بە حەق خودایی زاتت
بە فەیضی ئەنوار جیلوەی صیفاتت
بە ئەسمای حوسنا ، بە ئیسمی غەففار
بە پەردەی رەحمەت لە سیرِی سەتتار
بە میهرەبانی رەحمانو رەحیم
بە نووری نافیع ، بە فەیضی حەلیم
بە ئارامی دڵ لە حیلمی زاتت
بە فەیضی وەههاب عالی صیفاتت
بە رەحمەتی شام بۆ هەموو عالەم
لە بابە ئادەم هەتا بە خاتەم
بروانە بۆمان بە شێوەی ئیحسان
عەفوومان بکە لە باری عیصیان
دەرگای رەحمەتت واز بکە بە عام
بەرەورِووی ئەهلی میللەتی ئیسلام

* * *

بە لەطافەتی مەلایکانت
بە قودسییەتی موقەرِرەبانت
بە هەڵگرانی عەرشی عەظیمت
بە مەشغوولانی ذیکری تەعظیمت
بە مەئموورانی زەویو ئاسمان
بۆ نەفسو ماڵو حاڵی خاصمان
بە خامەو نامەی کەتەبەی کیرام
بە مەلائیکەی حەفەظەی ئەنام
(ان کل نفس لما علیها)

حـافیظ بـــەدەوام (ناظـــر الیهـــا)
بـە موناجاتـی حـــەزرەتـــی ئـادەم
بـە دەرزی ئیدریس بـۆ ئەهلـی عالـەم
بـە نەوحی نائیح ، بـە کەشتی نەجـات
بـە هوودو صـالح خـاوەن مـوعجیزات
بـە ئیبراهیمـــی (خلیـل الرحمـــن)
لە کوورەی ئاگـر گەیشـــت بـە ئامـان
دەســـبەرداری رۆح بـۆ رەزای جەلیـل
بـە هەدیـــی فیدیـەی زاتـی ئیسـماعیل
بـە صـەبرو صیدقـی مەولوودی جەلیل
یانـی حـەزرەتـی مـــەولا ئیسـماعیل
بـە تەرکـی خەلیـل بـۆ ئـەوو هاجـەر
لـە چۆڵـی حیجـاز بـە ئەمـری داوەر
بە ئێشـی هەجـری حەزرەتـی یەعقـووب
لەســەر فیراقی یوســفی مەحبـووب
بـە ویـردو سـەڵای ئەیـووبـی نـازار
بـە صـەبـری لەسـەر میحنەتو ئازار
بـە دڵئازاریـی حـەزرەتـی مووســـا
لەســەر نەفامـیی گـــەلی نارەســـا
بە شەرمی هارون لـە مووسای جـەلیل
بـە لاڵەی پاڵـە ، دەخیل صـەد دەخیل
بـە زەکـەریاو ، بـە شەرمی یـەحیا
بـە زوهـدی عیسـا لـە خۆشی دنیـا
بـە ذیکـری یونس لـە قەعری دەریـا
بـە وتاری حـەق ، بــە دڵـی وریـا
بـە جیلوەی نووری ئەعـلای محـەمـەد
بـە نەصری مەلـەك بـۆ عـەونو مـەدەد
بـە خولقـی گـەورەی عەظیمـی ذاتـی

بـه صەبرو صـيدق‌و باقـی صـيفاتـی
بـه مـوعجيزەکـەی قورئانـی موبـين
عومـوومـی دەعـوەی لـه بـۆ عالـەمين
بـه هـەناردنـی بـۆ جينن‌و بەشـەر
بـۆ تەوحيـدی حـەق (الله اکبر)
زەحمـەت کێشـانی شـای پێغەمـەران
لـه ڕێی تەربييەی گشـت بێ‌خەبـەران
بـەو زەحمەتانـه کـه هاتنـه بـەر ڕێی
کـه بوون بـه باعيث هيجرەتـی لـه جێی
بڕوانـه بۆمـان بـه شـێوەی ئيحسـان
عـەفوومـان بکـه لـه باری عيصـيان
دەرگـای ڕەحمـەتـت بکـەوە لێمـان
بـه هەمـوو ئەهلـی ئيسـلام‌و ئيمـان

* * *

بـه ئيخلاصـی دڵ بـۆ يـارانـی پـاك
يانـی ئەصـحابـی سينەو دڵ ڕوونـاك
بـه فيـداکـاری گـردی يـارانـی
لـه دوژمنانـی جـەفـاکـارانی
به صـەفی مەرصووص بۆ مەيدانی حەرب
بـه خوێنی شەهيد ، بـه زاماری ضەرب
به ئەهلـی بـەدرو ، حونەين‌و ، ئوحـود
فيداکـاريـيـان بـۆ شـەخصی ئەحمـەد
بـه خوێنی لاشـەی شەهيدانـی جەنگ
بێ‌بـاك لـه ئازار ، لـه ژاری خـەدەنگ
بـه ئيمامـانی خـاوەن ئيجتيهـاد
بۆ نەشری ئـەحکام ، بـۆ تەمێـی عيباد
بـه خاديمانـی کيتـاب‌و سـوننەت

حوففـاظـی قورئـان بـێ مزدو مننـەت
بـــە حافیظانـی حەدیثـــی شـــەریف
بـــە جامیعانـی مەســـنەدی لەطیف
بـە ئەهلـی تەدویـن بۆ عولوومـی دیـن
لـە بـۆ مانـەوەی ئوصـوولـی ئایـــین
بـە تەحریری عیلم ، بـە جەمعو تەئلیف
بە تەقـریری بـەحث ئوسـتادی ظەریف
بـــە طالیبانـی عیلـمو مـەعـریفـەت
لـە غـەریبیدا بـە هـــەزار زەحمـەت
بـە نـووری صـەفـای ئەولیای ئەعـلام
بـە تەوجیهـی دڵ ، بـە ئیرشـادی عام
بـە تەوەججوهاتـی بـە نیگای چـــاوان
بە فەیضی شـامیل بـۆ رۆحـی رەوان
بـە مەدەدکـاری ئەولیـای دڵبـــەنـد
بـە غـەوثی بەغـداد ، شاهی نەقشبەند
بـە ئەقطابـی چەرخ ، ئەوتادو ئـەبدال
بـە مەشـایەخی خـاوەن وەجـدو حـاڵ
بـە ســـالیکانـی موخلیصـی دڵپـــاك
بـۆ ئیطاعـــەی حـەق زرنگو چـالاك
بـە فەیضـ بـەخشی ئەصحابـی تەمکین
بـە تەنویـری دڵ لـــە بـۆ سـالیکـین
بـە سـیرِی سـینەی ئەربابـی طاعـەت
کە ئەبـێ بە هـۆی فەوزی سـەعادەت
بڕوانـە بۆمـان بـە نیگای ئیحســـان
عـەفوومـان بـکە لـە باری عیصـیان
دەرگـــای رەحمـــەتت بکـەوە لێمـان
لـە هەمـوو ئەهلـی ئیسـلامو ئیمـان

* * *

بە سەردارانی خاوەن عەدڵو داد
مایەی ئاسایش بۆ هەموو عیباد
بە دڵسۆزانی گشت موسوڵمانان
لایەنگیرانی ئیسلامو ئیمان
بە دڵپاکانی خاوەن عیلمو عەین
بە موصلیحانی فەسادی مابەین
بە خێرۆمەندان بۆ رۆژی نەهات
خاوەن پەناکان لە کاتی هەیهات
بە تاوانبەخشان لەگەڵ دەستەڵات
بە صەرڕافی ماڵ بۆ داماوو لات
بە حەقوێژانی مەجلیسی میران
بە ئامۆژگاری گەورە وەزیران
بە موعینانی شەخصی لێقەوماو
بە حاڵ ، یا بە ماڵ ، یا برینی داو
بە ئەهلی تەدبیر لە نەهاتیدا
بە خاوەن نانان لەگەڵ قاتیدا
بە هەرکەس مەیلی لەسەر خزمەت بێ
خزمەتێکی وا مایەی رەحمەت بێ
بڕوانە بۆمان بە نیگای ئیحسان
عەفوومان بکە لە عەیبو نوقصان
دەرگای رەحمەتت بکەوە لێمان
رزگاری بدە بە ئەهلی ئیمان

❋ ❋ ❋

بە جۆشی سینەی دایەو بابەی لاو
بۆ کوڕی لاوی لە گەل بەجێماو
بە تاوی جگەر بۆ رۆڵەی منداڵ
کە دێتو ئەڕوا کاتی گرو گاڵ

بــه گزەی سینەی کچو خوشــکی چــاك
بــۆ مــەرگــی بــاوكو برای دڵڕوونــاك
بــە پۆلــی یــاران لــە مەدرەســەی دیــن
کــە لــ ەیەك ئەبڕێــن لە رووی سەرزەمین
بــە دووریی ئوســتاد بــە مەرگــی ناکــام
بــە چۆڵــی حوجــرەو مەدرەســەو مەقام
بــە قەبووڵــی تــۆ بــۆ دۆعای دامــاو
بــە دۆعــای مەظڵــووم بە حەق لێقەوماو
بــە نەشــەی شیفا لــە بــۆ نەخۆشــان
بــە یومنی وەفــای بــۆ حەق تێکۆشــان
بــە ســروەی رەحمــەت کاتــی بەربەیــان
بــە ئەهلــی ئەوراد لــە زومــرەی ئەعیان
بــە سۆزی غەریب مەهجووری وەتـــەن
دوور لــە ســەیرانگــاو سەراوی دڵبەند
نــە یــار ، نە دڵدار ، نە ئاشنای نەو ،
نــە چــرای رووناك بــۆ تاریکــەشــەو
نە مەحرەمــی راز ، نــە حاڵزانــی حــاڵ
نـــە نــازو نیــاز ئــەربابــی کــەمــاڵ
بــە گزەی دەروون ، بــە ئیخلاصــی تام
لــە دەرگــای خودای حەیــی لایــەنــام
بڕوانــە بۆمــان بــە نیگای ئیحســـان
ببــووره لێمــان لــە عــەیبو نوقصــان
دەرگـــای رەحمــەتــت بکــەوە لێمــان
خــەڵاتــی نەصرەت ببــەخشــــە پێمــان
تا بــژی (نامــی) بـــە رووی دنیــاوە
ئەنجامــی خــێر بێ دەم بـــە دۆعــاوە

بۆ مێژوو

لە دوادوایی حەفتاکاندا کە دەچوومە خزمەتی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس دەمبینی بەگەرمی خەریکی نووسینەو ، سەرو مڕ کاتی خۆی بۆ نووسینی تەفسیری قورئان تەرخانکردوە .

لەو کاتانەدا کە بە نووسینەوەی تەفسیرەکەوە خەریك دەبوو جارجار سەری هەڵدەبڕی‌و دەیفەرموو : ئەگەر یەکێك ببوایە سەرپەرشتی چاپی ئەم تەفسیرەی بگرتایەتە ئەستۆی خۆی شتی چاك بوو ! مەبەستیشی لەمە ئەوە بوو بە گوێی منیدا دەدا ، بەڵام من خۆم لێ گێل دەکردو نەمدەوێرا خۆم بە خاوەنی باسی وا بکەم !

تا دوایی مامۆستا لە نووسینەوەی تەفسیرەکە بوەوە ، ئەوجا رووبەڕوو داوای لێکردم‌و ، رووی لێنام کە ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ . بەڵام من هەر پڕکێشیم نەدەکردو لە خۆم رانەدەبینی شان بدەمە ژێر باری وا گەورەو گرانو ، لەو لایشەوە داواکەی مامۆستام پێ نەدەدرایە دواوەو . لەقسەدەرچوونیم لەلا گران بوو ، بە تایبەتی بۆ کارێکی پیرۆزی وا کە لە ژیاندا کەم هەلی وا هەڵدەکەوێ ، بۆیە بەترسێکەوە سەرم بۆ داواکەی مامۆستا لەقاند ، بەڵام بۆ یەك بەرگ‌و نەك بۆ هەموو تەفسیرەکە .

دەستم بە نووسینەوەی بەرگی یەکەم کردو خودا یارمەتی دام هەرچەند ئەرکێکی زۆری هەبوو ، گەلێ ماندووبوون‌و شەونخوونی تێدابوو ، خودا زۆر کۆسپ‌و تەگەرەی لەسەر رێگەدا لابردو نووسراوەکە رێگەی چاپخانەی گرتەبەرو ، بە ئەرك‌و رەنجێکی لە نووسینەوەکەی زیاترەوە لە چاپخانە دەرچوو گەیشتە بەردەستی موسوڵمانان .

وەك بلێی یەکەم هەنگاو زۆر گران‌و ترسناك بوو ، دوای ئەوە دیم خەریکم دەق بەکارەکەوە دەگرم‌و ، ئەگەر منیش دەستی لێ‌هەڵبگرم ئـەم تەفسیرەیش وەکوو تەفسیرەکانی دیکەی کوردی بە نیوەچڵ ئەمێنێتەوەو ، کەس نیە بچێتە ژێر ئەو بارە ، بۆیە (دەست لە دەست‌و قووەت لە خودا) شانم لێ شل‌کردو بەشێکی زۆری کات‌و ئیســراحەتی خۆم ــ بگرە کاتی ماڵ‌و منداڵیش ــ بۆ تەرخان کردو پتر لە چوار ساڵی پێوە خەریك بووم ، کە دوو ساڵیان بە بەریەوە ئەرکی سەربازیشم بە ئەستۆوە بوو .. تا ئەنجام خودا یارمەتی دام‌و کارەکەم گەیاندە ئەنجام‌و ، ئیستە کە لە نووسینەوەی هەر حەوت بەرگەکەی بوومەتەوە سەری کوڕنووش بۆ خودای مـــەزن دەخەمە سەر زەوی‌و ، سوپاسگوزاریم پێ‌تەواو ناکرێ کە یارمەتی دام بۆ ئەم کارە گرنگ‌و پیرۆزە ؛ کە ئەگەر یارمەتی ئەو نەبوایە هەرگیز نەمدەتوانی شتی وا بکەم .

هەر لە سەرەتاوەو لە دەرچوونی بەرگی یەکەمەوە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ــ وەك هەر کتێبێکی کوردی ــ لە سەری بنووسرێ‌و ، لایەنەکانی هەڵبسەنگێنرێ ، بەڵام تا ئیستە جگە لە هەندێ قسەی ئەم‌و ئەوو ــ ئەویش دوور بەدوور ــ هیچمان نەدی‌و نەبیست .

ئیستەیش کە تەفسیرەکە تەواو بوە بە پێویستی دەزانم هەندێك شت روون بکەمەوە :

یەکەم : مامۆستا ئەم تەفسیرەی لە نۆ دەفتەردا نووسیوەو ، هەر یەك جاریش نووسیویەتیەوە ، واتە دەتوانم بلێم پاکنووسی نەکردوە . ئـەو دەفتەرانەیش دوای ئەوەی من جارێکی دیکە نووسیومنەوە داومنـەتەوە خزمەت مامۆستاو دەفتەرەکان وەك خۆیان لە لای ماونەتەوە ، ئەمڕۆ بێ یا سبەی ئەو دەفتەرانە بە ڕێزەوە لە شوێنی تایبەتیدا هەڵدەگیرێن‌و ، لەوانەیە

لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێو ، لەگەڵ چاپەکەدا بەراورد بکرێن : لەبەر ئەوەی لە داهاتوودا گومانێك روو نەدات دەڵێم : لە سەرەتاوە مامۆستا سووربوو لەسەر ئەوە کە چۆنی نووسیوە من وا بینووسمەوەو ، جگە لە رێنووس‌و هەندێ پێویستی نووسینی تازە هیچ جۆرە دەسکارییەکی نەکەم .

کە دەستم بە نووسینەوە کردو کەوتمە ناو باسەکەوە دەبینم لەبیرچوون‌و کەم‌و کوورِیی لە کارەکەی مامۆستادا هەیە،گەلێ جار تەفسیرەکەم هەڵگرتووەو چوومەتە خزمەتی‌و ، شوێنەکان چاك‌کراون . زیاد لەمە نووسینەکەی مامۆستا کوردییەکی لەصەداصەد نیەو ، گەلێ وشەی عەرەبی تێدایە ، منیش لە کاتی نووسیندا کە وشەیەکی عەرەبیم دیبێ‌و وشەکوردییە بەرانبەرەکە رەسەن‌و دامەزراو لە دەستدا بووبێ رێگەی ئەوەم بە خۆم داوە ئاڵ‌و گۆرِم کردبێ : کاتی وایش هەبوە تەفسیرەکەی مامۆستا تەرجەمەی حەرفیی بوەو : ئەو شێوەیش بە ئاسانی مانا بەدەستەوە نادات ، هەندێ جار هاتووم ئەو مانایانەم هەڵوەشاندوەتەوەو ، خۆم جارێ تر ـــ بێ گۆرِینی مەبەست‌و ماناکە ـــ بە شێوەیەکی دیکە دامرِشتوەتەوە .

بە تایبەتی لە بەرگەکانی دوایدا مامۆستا ـــ وەك زۆربەی دانەران ـــ هەندێك ماندووبوونی پێوەدیارەو ، بە گوێرەی توانا ویستوومە ئەو لایەنانە پرِبکەمەوە کە ماندوێتی کاری کردوەتە سەریان .

دووەم : ئەم تەفسیرە هەموو شتێك نیە لە تەفسیری قورئاندا بەکوردی‌و، هەموو لایەنێکی تەفسیری نەگرتوەتەوە ، ئەمەیش زۆر ئاساییەو جێگەی سێ‌ودوو نیە . گەلی عەرەبی براو دراوسێی ئێمە رووترین بەڵگەی ئەم قسەیە ، لەگەڵ ئەوەدا کە قورئان بە زمانی خۆیانەو صەدان ساڵە خزمەتی قورئانەکە دەکرێو ، دەیان تەفسیری گەورەی جۆرِاوجۆری بۆ نووسراوە،

هێشتا هیچ تەفسیرێکیان نەگەیوەتە چلەپۆپەی مەبەستو کارەکەی یەکسەرە نەکردوەتەوە •

ئەم تەفسیرەیش لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو شتێك نیەو . گەلێ لایەنی قورئان هەیە لێرەدا باسیان لێنەکراوە •• دەبێ بە چاوی رێزو بەگەورەگرتنەوە سەیری بکرێ . ئەوەندە بەسە کە یەکەم تەفسیرێکی کوردیە بەم شێوە بە تێروتەسەلیو تەواوی دەست خوێندەواران کەوتبێ• جگە لەوەیش کە ئەرکی چاپو هەڵسووڕاندنی کارەکانی تەنها بە ئەستۆی خۆمانەوە بوەو هیچ دەسگایەك یارمەتی بۆ لەچاپدانی نەداوەو ؛ بارو دۆخی چاپەمەنی کوردیش لە گیانی خۆیدا سەختو دژوارەو سەرباری گەلێ ئەرکی دیکەیە •

سێهەم : بە گوێرەی توانا هەوڵمداوە چاپەکە بێ هەڵە بێو . بە پوختی بگاتە دەستی خوێندەواران . لەم کاردیشدا خودا سەریخستمو . تا ئەندازەیەکی باش تێکرای تەفسیرەکە بێ هەڵەو نارێکی دەرچوو ، ئەگەر تاكو تەرایەك هەڵە بوێرابێ لە چاو قەوارەی کتێبەکەو تەنگوچەڵەمەی چاپەمەنی کوردیدا جێگەی سەرنج نیەو . دەتوانم بڵێم : لەم روەیشەوە یەکەم کتێبی کوردیە بەم قەوارە ئاوا بە پوختی چاپکرابێ •

محەمەدعەلی قەرەداغی

راستکردنەوەی هەڵەیەك

لــە ئایەتی (٢٧)ی سوورەتی فاطیردا مانای (وغرابیب سود)مــان بــە قەلەڕەشــی زۆر رەشــ لێــداوەتەوە . بــەڵام راســت وایە بنووســرێ : (چیای زۆر رەش) .

ســوپاس

زۆر سوپاسی برای بەنرخم کاکە شێخ عومەر ئەحمەد نیظامی دەکەم کــە لە هەڵەگیریی ئەم بەرگەدا یارمەتی‌یەکی دڵسۆزانــەی دام . خودا وێنەی زۆر بکــات .

نرخی (دوو) دیناره

هەڵەڕاستکردنەوەو داوای لێبوردن

خوێنەری ئازیز !

ئەم بەرگەی ئەم تەفسیرە کە دەکەوێتە بەردەستت پتر لە (١٠) مانگە لە چاپخانەدایەو ئەمسەرەوسەری بۆ دەکرێت · ئەوەندە مەینەت لەم ماوەدا بینراوە لە بەرگێکی وەك کتێبەکەدا جێگەی نابێتەوە . لەگەڵ ئەوەیشدا نەمانتوانی ئەم بەرگە لە مۆتەکەی چاپەمەنی کوردی ـ هەڵەی چاپ ـ رزگار بکەین · هەرکەس خۆی نەکەوتبێتە بازاڕی چاپەمەنی پەی بە تەنگوچەڵەمەکانی ناباتو هەرچی بۆ بنووسرێتو بگوترێت کەمە ·

لەگەڵ داوای لێبوردندا هەڵەکانی ئەم بەرگەت بۆ دیاری دەکەین پێش خوێندنەوە چاکیان بکە :

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
١٨	٢٠	پاشەڕژوو	پاشەڕۆژ
٢٣	١١	باسێ	باسی
٣٠	١٢	حەزرت	حەزرەت
٣٢	١٥	اَلاَّ	اِلاَّ
٣٣	١	اللهِ	اللهُ
٣٣	٤	کۆومەڵی	کۆمەڵی
٤٤	١٨	عەزرەیە	عەرزەیە
٤٦	٤	عەزرەوە	عەرزەوە

لاپەڕە	دێڕ	هەڵە	ڕاست
٤٩	٥	بەزر	بەرز
٥٢	٩	مِن ثَمَرَةٍ	مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقاً
٥٧	١٢	ثُمَّ اَحيَاكُمْ	فَاَحْياكُمْ
٥٨	١٨	فەقری	فەخری
٦٠	١٨	حبێ	جێ
٦٦	١٩	کاکەتەدا	کاتەدا
٧٩	٤	تۆش	تووش
٨٤	٨	تیمڕۆ	ئیمڕۆ
٨٤	١١	چڵو	چلو
٩٨	١٤	بِالْباطِلُ	بِالْباطِلِ
١٠٠	١٥	مُلاقو	مُلاقوا
١٠٨		دێڕەکانی (٦) و (٢٠)جێگوڕکێ پێ بکە .	
١٠٩	١٣	وَواعَدْنا	وَاِذْ واعَدْنا
١١٥	١٠	كُلٌ	كُلُ
١٢٥	١٠	مِنهُمْ	ـ
١٣٩	٦	لێ	لێ
١٤٥	١٥	اُمَيُون	اُمِّيُّونَ
١٦٣	١٤	ێنی	یانی
١٧٣	٢٣	المکین	الملکین
١٧٨	٧	بی	پێ
١٨٢	٣	اَنْفُسِهِمْ	اَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ ما تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ
١٨٢	١٦	خَيْرٌ	خَيْرٍ

لاپەڕە	دێڕ	هەڵە	ڕاست
١٨٦	١٠	پێریٚو	ببریٚو
١٩٠	١٣	کەلێ	گەلێ
١٩١	٩	جێ بەجێ	
١٩٨	٥	ابراهیمْ	اِبْراهِیمَ
٢٠٢	١٢	بەهێرتریان	بەهێزتریان
٢٠٦	٢٢	بەکژیانا	بەگژیانا
٢١٤	٢	أتیَ	أوتِیَ
٢٣٠	٩	بعدَ	مِنْ بَعْدْ
٢٣٤	٧	ولا تِمْ	وَلاُتِمْ
٢٥٤	٨	مەنیەتەکە	مەینەتەکە
٢٥٦		دێڕی یەك و دوو زیادن	
٣٤٠	٩	(ذی القعد)	(ذی القعدة)
٣٥١	٨	چاکەمان	چاکمان
٣٦٢	٨	کتبێکا	کتێبێکا
٣٧٠	٧	بەڕژۆوو	بە ڕۆژوو
٣٧٢	٢	عەزراو	عەرزاو
٣٧٢	٩	آخَذَ تْهُ	آخَذَتْهُ
٣٧٦	١٧	شەتیان	شەیتان
٣٨٢	١٦	سنەمکارییە	ستەمکارییە
٣٨٦	٨	عەزری	عەرزی
٣٨٧	٢٢	خوادی	خودای
٣٩٢	٢١	یَردُوکُمْ	یَرُدُّوکُمْ
٣٩٥	١٧	کوژردراو	کوژراو

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٤٠٠	١٥	خوادی	خودای
٤٠٣	١١	تَتَفَكَّرُن	تَتَفَكَّرُونَ
٤٠٧	١٢	يتذكرنَ	يَتَذَكَّرُونَ
٤١٠	٧	ژێر	ژیر
٤١٢	٤	جوولەلەكانیش	جوولەكەكانیش
٤١٧	١٧	فەحتی	فەحشی
٤١٩	١٣	پادزە	پازدە
٤٢١	٣	هێڵێ	هێڵی
٤٢٢	١	ریزی	ڕێزی
٤٣٦	١٧	مَرَتانِ	مَرَّتانِ
٤٤٠	١٨	ئەلێن	ئەڵێن
٤٧٤	١	خۆی	خۆی تەڵاق
٥٠٠	١٨	أكْنَنَتُمْ	أَكْنَنْتُمْ
٥٠٣	٢	مووفەووەضە	موفەووەضە
٥٠٧	٨	پوشاكت	پۆشاكت
٥٢٩	٢١	مُنهُ	مِنْهُ
٥٣٣		دێڕی حەڤدەو هەژردە بەرودوا پێ بكە	
٥٤٧		دێڕی (١٥) زیادە	
٥٥٦	١٥،١٦	بازی	بازێ
٥٧٢	١١	خاڵیانو	خاڵیان
٥٧٦	٢٢	ژراند	ڕژاند
٥٧٧		دوو دێڕی ١٦ و ١٩ ئاڵوگۆڕ بكە	
٥٧٩	١٦	فَمَثَلَهُ	فَمَثَلُهُ

لاپەڕە	دێر	هەڵە	ڕاست
٥٨٥	٨	وزەی	وەزی
٥٩٣	١٨	هەرکسەسێ	هەرکەسێ
٥٩٦	١٦	قاتەدە	قەتادە
٦٠٢	٢١	بۆچێ	بۆچی
٦٠٣	١٢	دیارێکی	دینارێکی
٦٠٨	٦	ئێدایە	تێدایە
٦٠٩	٢٠	توفیت	توفی
٦١١	٢	تیعتیبار	ئیعتیبار
٦١٣	١	باسی ئەمە کە	ئەمە کە باسی
٦٢٧	٧	ناتوانی	ناتوانێ
٦٢٩	١٩	هێزاوەتە	هێنراوەتە

پێش خوێندنەوە ئەم هەڵانە ڕاست بکەرەوە

لاپەڕە	دێڕ	هەڵە	ڕاست
٨	١٣	كُلُّ	كُلَّ
٥٠	٢١	اولوا	اولو
٥٨	١٠	آنْ لا	آلاَّ
١٣٩	٣	لَعَلَكُمْ	لعلكُمْ
١٦٢	٢٤	دوورکەتبووینەوە	دوورکەوتبووینەو
١٦٦	١٥	غنّ	على
١٨٢	١٢	تَوفّى	تُو فّى
١٨٣	١٤	يَتْلو	يَتْلوا
١٨٤	١٧	آو	آو
١٨٦	١٨	بوو نایێ	بوونایێ
١٨٩	٦	آتاهُمْ	آتاهُمْ
١٩٠	١٠	مردووەکا	مردووەکان
١٩٥		دێڕی یەکەم بگوێزەوە بۆ بیستو سێهەم	
١٩٧	١٩	وللرَّسولِ	والرَّسولِ
٢٢٧	١٦	هەتایا	هەتایە
٢٣٠	٢	پیتان	پێتان
٢٣٤	١٩	حەقووقا	حوقووقا
٢٤٤	٤	هەتیووەکانا	هەتیوەکانا
٢٤٨	٦	پی بگەن	پێ بگەن
٢٥٥	٤	ذرِّيَةً	ذُرِّيَّةً
٤٠٨	١٢	عەباسەو	عەباسەوە
٤٠٨	١٤	البحاری	البخاری
٤٦٧	١٦	ئستیعباد	ئیستیبماد